1

# ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

چاپی چوارەم
بەرگی یەکەم (ئ - د)

فەرید ئەسەسەرد

سەرپەرشتیاری گشتی و سەرۆکی
دەستەی کارا

کەیوان سەعید

سکرتێری نوسین

ئەندامانی دەستەی کارا

| | |
|---|---|
| ئاوات کۆکەیی | نەوزاد عەلی ئەحمەد |
| خالید هەرکی | سەلاح رەنجدەر |
| رەنج جەعفەر مستەفا | سامی قادر ئەحمەد |

**لێپرسراوانی بەشی تەکنیکی**

توانا عومەر عەلی

گۆنا عەبدوڵڵا مامەند

حسێن محەمەد ئەحمەد

ئەکبەر حەسەن مارف

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

موزەفەر عەبدولوەهاب

**کادیرەکانی بەشی تەکنیکی**

ڕێبین محەمەد عەلی

سوهامە عەبدولوەهاب

بەکر مەحمود

کەمال حامد

تافان بەختیار عەبدوڵڵا

ژوان عەبدوڵڵا مامەند

سوهەیلە عەبدولوەهاب

**ئیندێکس**

تەلار فەرید

چاپی یەکەم ٢٠١٣

چاپی دووەم ٢٠١٤

چاپی سێیەم ٢٠١٦

چاپی چوارەم ٢٠٢١

**ژمارە ١٧١٨ی ساڵی ٢٠٢٠ی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان پێ دراوە**

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری**

**سلێمانی ٢٠٢١**

# پرۆفایلی ئەندامانی دەستەی کارا

## کەیوان سەعید عەبدوڵڵا



نوسەرو رۆژنامەنوس و سکرتێری نوسینی ئینسکلۆپیدیا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٨٠ی رانیە. ساڵی ١٩٩٩ وەک کادیر لە رێکخراوی ئازادیی لاوان کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠٢ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە. ساڵی دواتر ژیانی پیشەیی لە بواری رۆژنامەوانیدا وەک بەرپرسی لاپەڕە لە رۆژنامەی «نۆژەن» دەست پێ کردووە. ساڵی ٢٠٠٤ بۆتە لێپرسراوی پۆل لە کۆمیتەی ٨ی بەختیاریی سەر بە مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٥ بۆتە لێپرسراوی نوسینگەی بەرزان ئەحمەد کوردە کە لەو کاتەدا نوێنەری تاڵەبانی بوو لە مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی. لە ژیانی رۆژنامەوانیدا لە پێگەی ئەلیکترۆنیی pukmedia و لە رۆژنامەی «هەواڵ» کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠٧ بۆتە بەڕێوەبەری نوسینگەی بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن لە هەولێر. ساڵی ٢٠٠٩ بۆتە سەرنوسەری گۆڤاری «چاوگ» هەمان ساڵ بۆتە ئەندامی ناوەندی سلێمانیی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان. لە ساڵی ٢٠١١ بە دواوە وەک کادیر لە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران کاری کردووە.

لە ئینسکلۆپیدیادا سەرپەرشتیی کاروباری تەکنیکیی کردووە، کۆپیی ئەلیکترۆنیی بەڕێوە بردووەو بە شێوەیەکی تایبەت دەڤەری پشدەرو رانیەی روماڵ کردووە.

ساڵی ٢٠٢٠ لێپرسراوەتیی سکرتاریەتی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گرتە ئەستۆ.

## نەوزاد عەلی ئەحمەد




نوسەرو رۆژنامەنوس و دیکۆمێنتار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ ی شاری هەولێر. دەرچوی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ژیانی رۆژنامەوانیی لە دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر دەست پێ کردووە. چالاکییەکی زۆری لە بواری پاراستنی ئەرشیفی فیکری و رۆشنبیریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەیە و هەر بە هەوڵ و رەنجی ئەو، ژمارەیەکی

زۆر له بڵاوکراوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی چاپ کراونەتەوە لەوانە گۆڤار و رۆژنامەکانی «راپەڕین»، «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق»، «ئاڵا» ، «کۆمەڵە»، «ئەرکی نوێ»، «دەنگی یەکێتی»، «سەنگەر»، «رۆشنبیری»، «ئەستێرە» و زۆری تر، سەرباری ژمارەیەک لە دیکۆمێنت و چاپەمەنییەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد.

لە ئینسکلۆپیدیادا ئەرکی رومالّ کردنی چاپەمەنییەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیی گرتۆتە ئەستۆ و لەم سەروبەندەدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو بڵاوکراوانەی کە لە چاپی یەکەمی ئینسکلۆپیدیا رومالّ کراون، ئەو رومالّی کردووە.

## رەنج جەعفەر مستەفا



نوسەر و رۆژنامەنوس لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٢ی هەولێر. ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٩٢ لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان کاری کردووەو لێپرسراوەتیی پۆلی پێ سپێردراوە. ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی کۆمەڵناسیی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە. ساڵی ٢٠٠٥ بۆتە ئەندام لە مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگە. لە ژیانی پیشەییدا لێپرسراوەتیی سکرتێری نوسینی گۆڤاری «پێشمەرگە»ی گرتۆتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١٢ وەک ئەفسەر، بە پلەی رائید، لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان خزمەتی کردووە. ساڵی ٢٠١٣ بۆتە لێپرسراوی کۆمیتەی ٤٦ی یەکەی ١٠٦. لە ئینسکلۆپیدیادا سێکتەری پێشمەرگایەتی و ژیاننامەی کادیران و شەهیدانی هێزی پێشمەرگەی رومالّ کردووە.

## سامی قادر ئەحمەد



پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی هەولێر. خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٦ بۆتە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی هەولێر. ساڵی دواتر بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ شانە چەکدارەکانی بروسک بەشدار بوو لە رزگارکردنی شاری هەولێر. لە ساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە لە مەڵبەندی ١٤ی رێکخستنی کۆیە وەک کارگێڕ و جێگری بەرپرسی مەڵبەند کاری کردووە.

لە ئینسکلۆپیدیادا بواری پێشمەرگایەتی و ژیاننامەی کادیرە سیاسییەکان و شەهیدانی هێزی پێشمەرگەی سنوری کۆیە و بەشێکی هەولێری روماڵ کردووە.

## سەلاح رەنجدەر



نوسەر و رۆژنامەنوس. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی شاری کەرکوک. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە و ساڵی ١٩٨٥ بۆتە پێشمەرگە لە ناوچەی قەرە حەسەن. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا رۆڵی کارای لە بورای رێکخستندا هەبوە.

ساڵی ٢٠٠٦ لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤاری «رێبەری پێشمەرگە»ی گرتۆتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١١ لێپرسراوەتیی بەشی روناکبیریی مەڵبەندی پێشمەرگەی پێ سپێردرا و لەم سەروبەندەدا، وەک درێژەپێدانی ئەرکەکەی لە بواری رۆشنبیریی پێشمەرگەدا، گۆڤاری «سەنگەر» ی دەرکرد.

لە چاپی سێیەم بە دواوە، کاری لە ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردووەو بەشێکی چالاکییەکانی ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٨ی هێزی پێشمەرگەی روماڵ کردووە. ساڵی ٢٠١٩ بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

## خالید هەرکی



پێشمەرگەی دێرین و کادیری رێکخستن و نوسەر و وەرگێڕ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی شارۆچکەی پیرمام. مێژوی پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەچێتەوە سەر ساڵی ١٩٧٦، کاتێک لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵە رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. پاش راپەڕین لێپرسراوەتیی لە بواری رێکخستن و هێزی پێشمەرگەدا پێ سپێردراوە. ماوەیەک جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێرو بەرپرسی بەشی روناکبیری بووە. چەند کتێبێکی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لە ئینسکلۆپیدیادا سنوری هەولێر، خۆشناوەتی و بەشێکی دەشتی کۆیە و قەرەچوغی رومال کردووە.

## ئاوات کۆکەیی



ڕۆژنامەنوس. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٤ی گوندی کۆکەی ناوچەی سورداش. ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٩٩ لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دەستی بە کاری ڕۆژنامەوانی کردووەو ساڵی ٢٠٠٦ کراوەتە سەرپەرشتیاری لاپەڕەی «سەروەران». ساڵی ٢٠٠٦ بۆتە بەڕێوەبەری نوسین لە ڕۆژنامەی «دێرین» کە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بووە.

لە ئینسکلۆپیدیادا ئەرکی کۆکردنەوەی ژیاننامەی پێشمەرگە شەهیدەکان و ڕوماڵ کردنی بەشێکی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەو دابین کردنی وێنەی شەهیدەکانی گرتۆتە ئەستۆ بە بێ خۆ بەستنەوە بە ناوچەیەکی دیاریکراو.

## فاتیح عەزیز ئەحمەد



بەڕێوەبەری دارایی ئینسکلۆپیدیا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی شاری هەڵەبجە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٧ بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی لیژنەی باڵی بەرەی کوردستانی بوو لە هەڵەبجە. ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی عەقید خانەنشین کراوە. ساڵی ٢٠١٤ بۆتە ئەندامی ئەنجومەن لە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

ساڵی ٢٠٢٠ لێپرسراوەتیی کاروباری ئیدارە و دارایی سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گرتۆتە ئەستۆ.

جگە لە کارەکەی وەک بەڕێوەبەری دارایی ئینسکلۆپیدیا، سێکتەری گروپی «ئاڵای شۆڕش»ی ڕوماڵ کردووە.

ساڵی ٢٠٢٠ پلەی ئەندام مەکتەبی لە بانکی زانیاری بەدەست هێنا.

# پێشەکیی چاپی چوارەم

چاپی یەکەمی  ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ دەرچووە. چاپی دووەم و سێیەم یەک لە  دوای یەک لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٦ دەرچوون. لە قۆناغی بەرایی کارکردندا، بۆچونێک هاتە ئاراوە کە بە گونجاوتری زانیوە ئینسکلۆپیدیاکە بە یەک کەڕەت دەرچێ، نەک بە شێوەی چاپی یەک لە دوای یەک. هەروەها بۆچونێکی دیکە لە رەوتی گفتوگۆ بەراییەکاندا هاتە بەر باس پێی وابوو باشترە ئینسکلۆپیدیاکە بەش بەش دەرچێ و هەر بەشێکیش بۆ بوارێکی دیاریکراو تەرخان بکرێ. دیارە هەر یەکێ لەم دوو تێڕوانینە پاساوی خۆی هەیە. بەڵام لە دواییدا، پاش تاوتوێ کردنی پێشنیارە نمایشکراوەکان، بڕیارەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە کار بە سیستمی چاپی یەک لە دوای یەک بکرێ و هەر چاپێکیش گشتگیر بێ بە چەشنێک کە هەموو بوارەکان بگرێتەوە. ئەمەش لە کرداردا یارمەتیی داین کە لە هەر چاپێکدا ئینسکلۆپیدیایەکی کۆکەرەوەو گشتگیر پێشکەش بکەین و لەوەش رزگاری کردین کە هەر جارەی ئینسکلۆپیدیایەک سەبارەت بە بوارێکی دیاریکراو پێشکەش بکەین و پاشان لە کۆتاییدا هەمووی لە یەک ئینسکلۆپیدیادا کۆ بکەینەوە. ئەمە، لە راستیدا کارەکەی قورستر دەکرد و کاتێکی زیاتریشی دەویست.

بە کردەوە، دەرکردنی ئینسکلۆپیدیاکە بە چاپی یەک لە دوای یەک، دەرفەتی پێداچونەوە و دەوڵەمەندکردنی بابەتەکان و راستکردنەوەو تۆکمەکردنی زانیارییەکان و دەستەبەرکردنی بەڵگە و دیکۆمێنتی فەراهەمتر کرد.

لە سەرەتادا نیاز وابوو چاپی چوارەمی ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سێ مانگی بەرایی ساڵی ٢٠١٧ دەربچێ، بەڵام دواتر، بە هۆی ئەوەی کە دەرفەتێکی زۆرتر بۆ پێداچونەوە و زیادکردن و بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆری دیکۆمێنتی پێویست هاتە ئاراوە، ڕەوتەکە بەو ئاراستەیەدا ڕۆیی کە ماوەی کارکردن درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین بابەت ڕوماڵ بکرێ.

ئەم چاپە لە شێوازی داڕشتن و دیکۆمێنت کردن و نمایشدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ چاپەکانی تردا نیە بەڵام لە ڕوی زانیارییەکانەوە وردتر و سیستماتیکترە و بابەتەکان، بەپێی پێویست، پێداچونەوەیان پێدا کراوە و زانیاریی تازەتریان بۆ زیاد کراوە.

وەک نەریت، لەم چاپەش سود لە ژمارەیەکی دیکەی یاداشت وەرگیراوە کە هەندێکیان پاش دەرچونی چاپی سێیەمی ئینسکلۆپیدیا بڵاوکراونەتەوە یان چاپی تازەیان لێ دەرچووەو بە دڵنیاییەوە هەندێکیان زۆر سودیان لێ وەرگیراوە چونکە نوسەرەکانیان لەو کەسانەن کە ئەزمونێکی دەوڵەمەندیان لە مەیدانی سیاسیدا هەیەو لە نزیکیشەوە ئاگاداری وردەکاریی ڕوداوەکانن یاخود بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدار بون لە ڕوداوەکانداو هەروەها، زۆر جار، پشت بەست بە لێپرسراوەتییەکانیان، کاراکتەری سەرەکی بون لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاردا. لەو یاداشتانەی کە بەهایەکی دیکۆمێنتاریان هەیە و سود لە زانیارییەکانی ناواخنیان وەرگیراوە «گڕدار»ی ڕەهبەر سەید برایم، «بیرەوەرییەکانی سەنگاوی»ی مەحمود سەنگاوی، «یاخیبون لە مێژوو»ی مەلا بەختیار، «هەڵۆ سورەکانی قەندیل»ی فەرەیدون عەبدولقادر، «ڕۆژە تەماوییەکان»ی ڕەفعەتی مەلا، «ڕەسول مامەند: ٥٠ ساڵ تەمەن ٢٣ ساڵ خەبات»ی بەهرۆز گەلاڵی، «چەپکێک لە مێژوی کۆمەڵە»ی برایم جەلال، «بیرەوەریی پێشمەرگەیەک» ی ڕەسول ڕەشید سەعید ناسراو بە ڕەسول کاکەڕەش، «جوامیری: پارتیزانە شیوعییەکانی دوای ئەنفال»ی ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر ناسراو بە مەلا شاخی، «دەنگی خاک»ی حەمەی حەمە سەعید، «ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو»ی هەڤاڵ کوێستانی. جگە لەم یاداشتانە، پێشتریش، لە چاپەکانی پێشتر، سود لە ژمارەیەک یاداشت وەرگیراوە لەوانە «لە شنرویەوە بۆ ستۆکهۆڵم»ی حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی، «کەشکۆڵی بەسەرهاتم»ی مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ عەلی، «نیو سەدە بۆ نیشتمان»ی لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی، «کۆمەڵەو یەکێتی»ی عارف کەریم و «ڕۆژانی سەخت»ی ئەرسەلان بایز. هەروەها سود لە چەند چاوپێکەوتنێک وەرگیراوە کە بایەخێکی دیکۆمێنتارانەیان هەیە، لەوانە ئەو چاوپێکەوتنە دورو درێژەی کە سەلاح ڕەشید لەگەڵ تاڵەبانی ئەنجامی داوە و ساڵی ٢٠١٧ لە دوتوێی کتێبێکدا بە دوو بەرگ بە ناونیشانی «دیداری تەمەن» بڵاوی کردۆتەوە.

سەربار، پشت بە چەند سەرچاوەیەکی دیکەش بەستراوە کە زانیاریی تازەتر و وردتریان خستۆتە بەرچاو لەوانە پاشکۆ تایبەتە ١٢ لاپەڕەییەکەی «کۆڵنەدان»ی نیسانی ٢٠١٧ی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» کە بە تایبەت بۆ گێڕانەوەو بەسەرکردنەوەی سەربوردەی شالاوی سێیەمی ئەنفالی گەرمیان تەرخان کراوە و تێیدا گێڕانەوە دیکۆمێنتارە گرنگەکەی عوسمان حاجی مەحمود بە ناونیشانی «پاش ئەنفالی سێ بڕیاری مانەوەو خۆڕاگری» بڵاوکراوەتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا ئینسکلۆپیدیا بە رێز و پێزانینێکی زۆرەوە دەڕوانێتە کۆششە دیکۆمێنتارییەکانی یوسف محەمەد بەرزنجی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەرشیفی سەردەمی پێشمەرگایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەتایبەتی دوو کتێبەکەی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی سالانی ١٩٧٥- ١٩٨٣دا» و «کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی سیاسی، تیۆری و مێژوییدا» کە بڵاوکردنەوەیان بۆ ئینسکلۆپیدیا مایەی سود لێ وەرگرتنێکی زۆر بوو. جگە لەم دوو سەرچاوە گرنگە کە هەردوکیان لە ساڵی ٢٠١٧ بڵاو کراونەتەوە، دەرفەتێکی لەبار بۆ ئەوەش هاتە ئاراوە کە سود لە دوو کتێبی دیکەی ئامادەکراو بۆ چاپ وەربگیرێت کە بەرزنجی یەکێکیانی بۆ چەردەیەک دیکۆمێنتی تایبەت بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەوی تری بۆ ژمارەیەک بەیاننامە و بڵاوکراوەی ناوخۆیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان تەرخان کرد بوو.

لەم چاپەدا بە تەنها پشت بە یاداشتەکانی ئەندامان و کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەبەستراوە، بەڵکو هەروەها سود لە یاداشتەکانی ژمارەیەک سیاسەتمەدار لە دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەرگیراوە، لەوانە، بە دیاریکراوی، یاداشتەکانی بەهادین نوری و ئەحمەد بانیخێڵانی و فاتیح رەسول کە هەرسێکیان سێ سیمبولی دیاری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عیراقن و یاداشتەکانیان گەواهینامەیەکی بایەخدارن و لە هەندێ رووەوە گێڕانەوە و لێکدانەوەی جیاواز دەخەنە بەر دەست.

بەهادین نوری کە لە سالانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم گەیشتۆتە ئاستی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق، بیرەوەرییەکانی بە زمانی عەرەبی بڵاو کردۆتەوە و چاپی دووەمی لە لەندەن چاپ کراوەتەوە. کتێبەکە وردەکاریی گرنگی دەربارەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە خۆ گرتووە. بە هەمان شێوە، بۆ هەڵسەنگاندنی رەوتی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق سود لە چاپی دووەمی بیرەوەرییەکانی ئەحمەد بانیخێڵانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق وەرگیراوە کە ساڵی ٢٠٠٩ لە بەغدا بە زمانی عەرەبی لە لایەن خانەی رووادەوە بڵاوکراونەتەوە. ئەم

کتێبە کە چوار ساڵ پێش کۆچی دوایی نوسەرەکەی چاپ کراوەتەوە، پشت ئەستورە بە کۆپییەکەی چاپی ساڵی ١٩٩٥. لەم چاپەی ئینسکلۆپیدیا، بۆ ساغکردنەوەی هەندێ زانیاری و دڵنیابون لە هەندێکی تر و بۆ بەدەستهێنانی وردەکاریی گرنگ سەبارەت بە هەندێ بابەتی دیاریکراو سودی لێ وەرگیراوە. هەروەها سود لە کتێبەکەی «چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی خەباتی گەلی کورد»ی فاتیح رەسول وەرگیراوە. ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن کەمال غەمبارەوە کراوە بە عەرەبی و چەردەیەک زانیاریی گرنگی دەربارەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا تێدایە. فاتیح رەسول لە ساڵی ١٩٦٠ بۆتە ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و لە ساڵی ١٩٧٣ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و لەم سەروبەندەدا تا ئەندازەیەکی زۆر ئاگاداری وردەکاریی هەوراز و نشێوی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بووە و لە هەر سێ بەشی کتێبەکەیدا تا رادەیەکی زۆر گێڕانەوەیەکی هاوسەنگی پێشکەش کردووە و هەندێ بابەتی بەبێ کۆمێنت نمایش کردووە.

هەروەها سەبارەت بە هەندێ لە چالاکییە سیاسییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا، سود لە یاداشتەکانی عەبدولحەمید دەروێش، سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا، وەرگیراوە. ئەو یاداشتانە بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی «نیگایەک لە بزوتنەوەی کوردی سوریا» بڵاوکراونەتەوە و ماوەیەکی پڕ پێشهات و روداوی سیاسییان رووماڵ کردووە کە کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٥٦ - ١٩٨٣. چاپی سێیەمی یاداشتەکان لە ساڵی ٢٠١٣ لە سلێمانی لە لایەن سەنتەری مارگرێت و سەنتەری رۆشنبیریی جەمال عیرفانەوە بڵاوکراونەتەوە.

لەم چاپەدا بایەخێکی تایبەت بەو کۆبونەوە و کۆنگرانە دراوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقدا، بەشداریی تێدا کردون. لەم سەروبەندەدا پانتاییەکی گونجاو بۆ روماڵ کردنی کۆبونەوە و کۆنگرە سەرەکییەکانی بەیروت (١٩٩١)، سەلاحەددین (١٩٩٢)، ڤیەننا (١٩٩٢)، وندسۆر (١٩٩٩)، نیویۆرک (١٩٩٩) و لەندەن (٢٠٠٢) تەرخان کراوە، تێیدا رۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گفتوگۆ و بڕیارەکاندا پشتڕاست کراوەتەوە.

هەروەها بۆ ساغ کردنەوەی ناوی هەندێ لە شەهیدەکان و شوێنی شەهیدبونیان، سود لە بەرگی یەکەمی «ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر» وەرگیراوە کە ساڵی ٢٠١٨ حەیدەر مەنتک ئامادەی کردووە. لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانیش، سود لە لێکۆڵینەوەکەی «رەوتی چەپ لە باشوری کوردستان - کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وەک نمونە» وەرگیراوە کە ئەحمەد حەمەد ئەمین لە

ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سەلاحەددین پێ وەرگرتووە و ساڵی ٢٠١٦ لە هەولێر چاپی کردوە.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە بۆ ساغ کردنەوەی هەندێ بابەت یان بۆ بەدەستهێنانی وردەکاریی زۆرتر، چەند دانیشتنێک لەگەڵ بەڕێز دکتۆر فوئاد مەعسوم، لە سلێمانی لە ماڵی خۆی بەر لەوەی کە لێپرسراوەتیی سەرۆکی کۆمار بگرێتە ئەستۆ، هەروەها لە بەغدا پاش وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی کۆمار، ساز کراوە. بەڕێزی لە هەردوو دۆخدا، لوتفی نواند و لەو دانیشتنانەدا وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە و تیشکی خستە سەر زۆر لایەنی شاراوەی روداوەکان.

لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا سەردەمی پێشمەرگایەتی کە کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٧٦و ١٩٩١ بە قۆناغێکی دەوڵەمەند دەژمێردرێ. هەندێ لە سەرچاوەکانی ئەم قۆناغە بە شێوەی یاداشتی چاپکراو و وتاری بڵاوکراوە چنگ دەکەون، هەندێکی تریش لە دوتوێی چاپکراوەکانی ئەو سەردەمە دان. شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە هیچ لێکۆڵینەوەیەک بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە، بە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو متمانەپێکراو ناژمێردرێ. کێشە گەورەکە لەوە دایە کە بەدەستهێنانی ئەو هەموو ئەدەبیاتە کارێکی فرە دژوارە، جگە لەوەی کە لە سۆنگەی هەلومەرجی سەختی سەردەمی پێشمەرگایەتییەوە، بەشێکی گرنگی ئەو ئەدەبیاتە فەوتاوە.

بە درێژایی ماوەی کارکردن لەم ئینسکلۆپیدیایە، ئەوەندەی لە توانادا بوو، هەوڵی دۆزینەوە و کۆکردنەوەی چاپکراوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی دراوە. ئەو ئەدەبیاتە کە بە گەنجینەیەکی مێژویی دەژمێردرێ، زۆر بە وردی روداوەکانی ئەو سەردەمە دەگێڕێتەوە و تیشک دەخاتە سەر میتۆدی بیرکردنەوەی سیاسییانەی ئەو قۆناغە و وردەکارییەکی زۆر سەبارەت بە زۆر بابەت بۆ لێکۆڵینەوە دەست دەخات. ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە بۆ رومال کردنی روداوەکان یەکێ لە سەرچاوە رەسەنە متمانە پێکراوەکانی بابەتەکانی ئەم ئینسکلۆپیدیایە بووە، بە رەچاوکردنی ئەوەی کە ئینسکلۆپیدیا بە شێوەیەکی بابەتییانە مامەڵەی لەگەڵ دیکۆمێنتەکانی ئەو سەردەمەدا کردووە.

بە بەراورد لەگەڵ چاپەکانی پێشوودا، ئەم چاپە دیکۆمێنتکراوترە و بۆ بەشێکی زۆری بابەتەکان، بەتایبەتی بۆ رێککەوتننامە و راگەیەندراوەکان، ژمارەیەکی زۆر پاشکۆ زیاد کراوە کە بەرچاوڕونییەکی زۆرتر بۆ خوێنەر دابین دەکەن و دەیبەنە ناو گەرمەی روداوەکان.

هەندێ لە بابەتەکان، پاش چنگ کەوتنی زانیاریی زۆرتر، سەرلەبەر داڕێژرانەوە و هەندێکی تر زانیاریی تازەتریان بۆ زیاد کرا. ئەو بابەتانەش کە پێویستیان بە پێداچونەوە بوو، بە رێوشوێنی گونجاوتر و سیستماتیکتر مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، بە رەچاوکردنی

ئەوەی کە هەندێ لە بابەتەکان تێکهەڵکێش کران، هەندێکیش لە ڕەوتی پێداچونەوەدا، لەبەر هۆی جیاواز، لابراون یان بژار کراون. لەم سۆنگەیەوە دەشێ ئەم چاپە بە چاپێکی تازەکراو، هەموارکراو و بژارکراو دابندرێ.

بابەتەکانی ئەم ئینسکلۆپیدیایە، وەک هەر ئینسکلۆپیدیایەکی تر، بەپێی پێوەرەکان و بە مانای دەقاودەقی وشەکە، توێژینەوە نین، بەڵام دەشێ کەرەستەی پێویست بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابین بکەن. بەم مانایە، ئامادەکردنی ئەم ئینسکلۆپیدیایە، بە کردەوە، هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوە و دیکۆمێنت کردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان، لەو گۆشە نیگایەوە کە لە ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چەردەیەک زانیاریی ساغکراوە و تاوتوێکراو و پشت بەستوو بە بەڵگە و دیکۆمێنت دەربارەی پلانەکان، روداوەکان، بیروباوەڕەکان، داهێنانەکان، کەسایەتییەکان و دامودەزگاکان بە زمانێکی ساکار نمایش کراون.

بەڵام خاڵی گرنگی کارکردن لەم ئینسکلۆپیدیایە ئەوەیە کە نەویستراوە کارەکە لە چوارچێوەی کۆکردنەوە و نمایش کردن قەتیس بکرێ، بەڵکو هەر لە دەستپێکەوە ئەو ویستە بەهێزە هەبوو کە کارەکە کۆکردنەوە و نمایش کردن تێپەڕێنێ و بچێتە سەر شیکردنەوە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن، بەڵام ئەم کارە بۆ قۆناغی کۆتایی هێڵدرایەوە. هەر ئەمەشە وای کردووە ئەم چاپی چوارەمە لە هەر سێ چاپی پێشتر زۆرتر شیکردنەوە و شرۆڤە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی تێدا بێ. هاوتەریب لەگەڵ ئەم کۆششەدا و لە ئەنجامی وەرچەرخان بە لای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندندا، ڕەوتەکە لە کاتی پێویستدا و بە قەد ئەوەی کە پێویستە، تێڕوانین و باری سەرنج و بۆچونی تایبەتی سەبارەت بە هەندێ بابەتی دیاریکراو لێ بەدی هات. دەشێ هەندێ لە تێڕوانین و بۆچونەکانی پەیوەست بە هەندێ بابەتی ناو ئینسکلۆپیدیا کۆدەنگییان لەسەر نەبێ، بەڵام ئەمە بە دڵنیاییەوە ڕێگر نیە لە بەردەم هێنانە ئارای تێڕوانین و بۆچونی جیاواز، بەڵکو دەشێ هەندێ لەو تێڕوانین و بۆچونانە ببنە مایەی گفتوگۆ و پێداچونەوە و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوە. تێڕوانین و بۆچونە نمایشکراوەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە هیچ ڕایەکی فەرمی ناکەن، هەروەک لە دەربڕیندا ئەندازەی هاوجوتبون و هاوجوت نەبونیان لەگەڵ ڕا و گێڕانەوەی فەرمیدا زۆر لەبەرچاو نەگیراوە.

شێوەی کارکردن لەم ئینسکلۆپیدیایە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لە میتۆدی کارکردنی زۆربەی ئینسکلۆپیدیاکاندا دوو دەستە بۆ ڕایی کردنی کارەکە پێک دەهێندرێن، یەکێکیان پێی دەوترێ دەستەی سەرپەرشتیار یان دەستەی کارا و ئەوی تر دەستەی لێکۆڵیاران. لەم سەروبەندەدا دەستەی لێکۆڵیاران لە ژمارەیەک پسپۆر پێکدێ کە هەر یەکێکیان

شارەزایی لە بوارێکی دیاریکراوی بابەتی ئینسکلۆپیدیاکەدا هەیە.

لەم ئینسکلۆپیدیایەدا، لەبەر سروشتی بابەتی تاوتوێکراو، دەرفەتێکی زۆر بۆ پەیڕەوی کردنی ئەم میتۆدە نەبوو. بۆیە ئەرکی دەستەی لێکۆڵیاران بە سەرپەرشتیاری گشتی سپێردرا، دەستەیەکیش بە ناوی دەستەی کارا پێک هێنرا.

بەشێکی گرنگی کارەکانی ئینسکلۆپیدیا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت ئەستور بووە بە کۆشش و ماندوبون و چالاکییەکانی دەستەی کارا. ئەرکی سەر شانی دەستەی کارا ئاسان نەبوو، بەڵام بە هیممەتی ئەندامەکانی، زۆر بە رێکوپێکی ئەنجام درا. بەپێی پلانی دانراو، دەستەی کارا دەستەبەری بەدەستهێنانی بڕێکی زۆری زانیاری بوو بە رێوشوێنی هەمەجۆر لەوانە:

-سازکردنی چاوپێکەوتن بۆ وەرگرتنی ژیاننامەی کەسایەتییە دیاریکراوەکان.

-گەڕان بە دوای چاپەمەنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هەندێکی دانسقەن و زۆر بە ئەستەم چنگ کەوتوون، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شایستە نمایش بکرێن.

-ساغکردنەوەی وردەکاریی هەندێ بابەت بە سازکردنی دیدار لەگەڵ ئەو کەسانەی کە شارەزایی تەواویان سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو هەبوە، ئەویش بۆ دڵنیابون لە دروستیی زانیارییەکان و رەواندنەوەی تەمومژ و گومانەکان.

-سەردانی مەیدانی بۆ بارەگاکانی رێکخراوە میدیایی و ئۆفیس و دامودەزگا حزبییەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی هەندێ بابەتی دیاریکراو کە پێشتر دەستنیشان کراون.

-کۆکردنەوەی وێنەی شەهیدەکان کە ژیاننامەیان لە ئینسکلۆپیدیا بڵاو کراوەتەوە.

-سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی دەرهێنانی هونەریی ئینسکلۆپیدیا و مشورخواردنی کاروباری هەڵەبڕی و چاپ و دیزاین.

-پێکهێنانی رایەڵەیەکی فراوانی پەیوەندیی گشتی کە بووە مایەی دەستەبەرکردنی زۆرترین بڕی زانیاریی خوازراو.

بەم مانایە، دەشێ «دەستەی کارا» کە لە ناو ئەندامەکانیدا سکرتێری نوسین رۆڵێکی دیارتری گێڕاوە، وەک دەستەیەکی مەیدانی بناسرێ.

لەم سەروبەندەدا، وەک لە یەکەم کۆبونەوەی ساڵی ٢٠١٢ دا بڕیاری لێ درا، ئەرکی داڕشتن، دیاریکردنی میتۆدی نمایش کردن، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن لە ئەستۆی سەرپەرشتیاری گشتی بووە، سەرباری ئەوەی کە هەموو ئەو دیکۆمێنتانەی کە لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی نوسراون و لەم ئینسکلۆپیدیایە بە شێوەی پاشکۆ بڵاو کراونەتەوە، سەرپەرشتیاری گشتی کردونی بە کوردی و هەر کەموکوڕییەک لەم بارەیەوە هەبێ، ئەو لێی بەرپرسیارە.

ئەم چاپەی ئینسکلۆپیدیا لە روی ژمارەی لاپەڕەوە لە چاپەکانی پێشتر قەبەترە و ژمارەیەکی زۆرتر ناونیشانی لە خۆ گرتووە کە بەسەر ژیاننامەی کەسایەتییە دیارەکان و شەهیدەکان و بڵاوکراوەکان و ئۆرگانەکان و رێککەوتنەکان و یەکە و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە و کۆبونەوە و پلینۆم و کۆنفرەنس و کۆنگرەکان و هاوپەیمانییەکان و دەزگاکان و پرنسیپەکانی ستراکچەری فیکریدا دابەش کراون. بە بەراورد لەگەڵ چاپی یەکەم کە ٦٣٠ ناونیشانی لە دوتوێی ٣٥٦ لاپەڕەدا لە خۆ گرتووە، چاپی چوارەم لەو سۆنگەیەوە کە پانتاییەکی فراوانتری بۆ وردەکاری و شیکردنەوەو شرۆڤە تێدا دابین کراوە و ژمارەیەکی زۆر پاشکۆی بۆ زیاد کراوە، سەرباری زیادکردنی ناونیشانی تازە، گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە.

لەم چاپەدا، جیا لە چاپەکانی پێشتر، سیستمی «بابەتی پەیوەندیدار» بەکار هێنراوە، کە تێیدا لە کۆتایی هەندێ لە بابەتەکان، ناونیشانی بابەتی تر بە خوێنەر ئاشنا کراوە کە پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی بابەتە سەرەکییەکەوە هەیە و دەشێ خوێنەر لەوێ وردەکاریی زۆرتری چنگ کەوێ یاخود دەشێ لەوێ کەرەستەی بەرچاوڕونییەکی زۆرتر دابین بکات.

لە چاپەکانی پێشوی ئینسکلۆپیدیادا هیچ ماوەیەکی زەمەنی بۆ بەسەرکردنەوەی مێژوو دیاری نەکراوە و لە هەموویاندا ماوەکە بە کراوەیی هێڵدراوەتەوە، بەڵام لەم چاپەدا ئەم مەسەلەیە یەکلا کراوەتەوە و ماوە زەمەنییەکە بە ٤٥ساڵ دیاری کراوە کە لە ٢٢ی ئایاری ١٩٧٥ وە دەست پێ دەکا و لە ٢١ی ئایاری ٢٠٢٠ کۆتایی دێت.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە بەو مەبەستە ئامادە کراوە کە بتوانێ رۆڵێکی دیار لە هەر لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی کوردایەتی لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بگێڕێت و خزمەتی بزاڤی رۆشنبیریی سیاسی بکات.

فەرید ئەسەسەرد
سەرپەرشتیاری گشتی و سەرۆکی دەستەی کارا
٢٠٢٠/٥/١٥

# پێشەکیی چاپی سێیەم

چاپی یەکەمی ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣و چاپی دووەم لە ساڵی ٢٠١٤ دەرچووە. ئەم چاپە کە چاپی سێیەمە درێژەپێدانی هەردوو چاپی پێشووە و بڕێکی زۆر ناونیشانی تازەی بۆ زیاد کراوە.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە لەم چاپەدا پێداچونەوەیەکی رەخنەوانانە بە بابەتە بڵاوکراوەکانی دوو چاپەکەی پێشوودا کراوە، ئەمەش بە واتا گشتییەکەی، لابردن و هەموارکردنەوە و زیادکردن و تێکهەڵکێش کردن و راستکردنەوە و داڕشتنەوە دەگرێتەوە.

ئەو کێشانەی لە هەردو چاپی پێشوودا هاتونەتە بەردەم پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە کەیسە پەیوەندیدارەکان، لەم چاپەش دوبارە بونەتەوە.

لە تەکنیکی کاردا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم چاپە و چاپەکانی پێشوودا نیە بەڵام بەشێکی زۆری بابەتەکانی ئەم چاپە، بە بەراورد لەگەڵ چاپەکانی پێشوو، ژمارەیەکی زۆرتر پاشکۆیان هاوپێچ کراوە کە ئەمە لە بەرەنجامی کۆتاییدا بابەتەکانی دەوڵەمەندتر کردووە و بە دیکۆمێنت پشت راستی کردونەتەوە، جگە لەوەی کە بەشێکی زۆری بابەتەکان زانیاریی وردتریان خراوەتە سەر. هەندێ لە بابەتەکان، لە سۆنگەی چنگ کەوتنی بڕێکی زۆرتری زانیارییەوە، گەیشتونەتە ئەو رادەیەی کە پێویستیان بە داڕشتنەوەی ریشەیی بێ، بۆیە بە پشت بەستن بە زانیارییە تازەکان داڕێژراونەتەوە، بەتایبەتی کە سەرچاوەی زانیارییە تازەکان سەرچاوەی رەسەن بووە.

سیستمی پەیڕەوکراوی چاپی سێیەم هیچ جیاوازیی لە سیستمی پەیڕەوکراوی چاپەکانی پێشوو نیە. شێوازی ئینسکلۆپیدیایی لە نمایش کردنی بابەتەکاندا بە جۆرێک ڕێک خراوە کە تۆژەر ماندوبونێکی زۆری لە کۆڵ بۆتەوەو زۆر بە ئاسانی لە ڕێی ریزبەندیی پیتەکانەوە بابەتی خوازرا و دەدۆزێتەوە و بە هیچ شێوەیەک کات بە گەڕان بەدوای بابەتەکاندا بەفیڕۆ نادا، جگە لەوەی کە ئیندێکسەکەش لەم رووەوە کاتێکی زۆری لە کۆکردنەوەی زانیاریدا بۆ دەگێڕێتەوە.

یەکێ لەو سەرچاوانەی کە ئینسکلۆپیدیا لەم چاپە و لە چاپەکانی پێشوودا لێی سودمەند بووە، ئەو یاداشتانەیە کە بۆ گێڕانەوەی وردەکارییەکانی بەسەرهاتە مێژوییەکان تەرخان کراون و ئەمانە لە ناو سەرچاوەکاندا بەهایەکی دیکۆمێنتاری تایبەتیان هەیە. لەو یاداشتانەی کە ئینسکلۆپیدیا سودی لێ وەرگرتون «سەفەری کوردایەتی»ی شاخەوان عەباس، «ڕێگا باریکەکان»ی ئاوات قارەمانی، «چل ساڵ خەبات و تێکۆشان»ی قادر شۆرش، «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ»و «پەنجەکان یەکتری دەشکێنن»و «خولانەوە لە ناو بازنەدا»ی نەوشیروان مستەفا ئەمین، «لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان»ی محەمەد شاکەلی، «قەندیل بەغدای هەژاند»ی ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود و «هەورازە ڕێ»ی عەلی بچکۆل.

لە پاڵ ئەم سەرچاوانەدا، سود لە چەند چاوپێکەوتنێک وەرگیراوە کە تێیدا تیشک خراوەتە سەر چەند سەربهوردە و روداوێکی گرنگ، لەوانە ئەو چاوپێکەوتنانەی کە محەمەد مێرگەسوری لە کتێبی«تروسکاییەک لە شەوەزەنگدا»و خەلەف غەفور لە کتێبی«دەفری زێڕین»و هەیاس کاردۆ لە کتێبی «ئەزمونی خەبات» ئەنجامیان داوە، سەرباری ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە گۆڤاری«کەلتور»بڵاو کراونەتەوە.

بۆ ساغ کردنەوەی هەندێ زانیاری سەبارەت بە ساڵ و ناو و شوێنەکان سود لە چەند سەرچاوەیەک وەرگیراوە لەوانە کتێبەکەی عەبدوڵڵا زەنگەنە «ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین: بەدواداچونێکی مەیدانی» (هەولێر- ١٩٩٨) لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، کتێبەکەی دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور «فەرهەنگی جوگرافیایی هەولێر» (هەولێر- ٢٠١٥) لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، کتێبەکەی نەوزاد عەلی ئەحمەد «بیبلۆگرافیای کتێبی نهێنیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١» (سلێمانی- ٢٠١٢)، کتێبەکەی ئازاد خانەقینی« مادێنا: مێژوو و بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١»

(سلێمانی-٢٠٠٠) لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، کتێبەکەی نەوزادی موهەندیس «کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» (سلێمانی- ٢٠٠٨).

کارکردن لە ئینسکلۆپیدیا دەرفەتێکی زۆری بۆ فراوان کردنی ڕایەڵەی پەیوەندییە گشتییەکان پێک هێناوە. مەسەلەیەک کە هیچ گومان هەڵناگرێ ئەوەیە کە ئەم ئینسکلۆپیدیایە لە هاوکاریی سەدان کەس سودمەند بووە کە لێبڕاوانە و بە گیانی لەخۆبوردنەوە کەرەستەی پێویستیان بە شێوەی دیکۆمێنت، وێنە، کتێب، نامە، زانیاریی پشتڕاستکراوو ڕێنمایی پێشکەش کردووە. هەر لەم ڕووەوە پرۆتۆکۆلی هاوکاریی ڕۆشنبیری کە لە یەکی حوزەیرانی ٢٠١٣دا لە نێوان «ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران»و «بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی» واژۆ کراوە، خزمەتێکی زۆری بەئامانجەکانی ئینسکلۆپیدیا گەیاندووە. هەر لەم سەروبەندەشدا ئینسکلۆپیدیا کۆپییەکی ئەلیکترۆنیی بڵاونەکراوەی کتێبی «ئازارە شاردراوەکان»ی دەرسیم دیبەگەیی لە دانمارکەوە پێ گەییوە کە نوسەر خۆبەخشانەو بەتایبەت بۆ ئینسکلۆپیدیای ناردووە بۆ ئەوەی سودی لێ وەربگیرێ. کتێبەکە تۆمارێکی دیکۆمێنتاری پڕ زانیاریی وردو سەنگینە دەربارەی ژیانی تێکۆشەران لە زیندانەکانی ڕژێمی پێشوی عیراقداو بە هۆیەوە چەندین زانیاریی ئینسکلۆپیدیای پێ ساغ کرایەوە و لە چەند شوێنێکیشدا زانیارییەکانی ئینسکلۆپیدیای پێ دەوڵەمەندتر کراوە.

یەکێ لە جیاوازییەکانی ئەم چاپە لەگەڵ چاپەکانی پێشوو ئەوەیە کە لەم چاپەدا بایەخێکی زۆر بە نمایش کردنی ئەو پرنسیپانە دراوە کە ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکدێنن و هەوڵ دراوە بەدواداچون بۆ ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوییان بکرێ. هەندێ لەو پرنسیپانە بەر لەوەی لەم چاپە بڵاو بکرێنەوە، بەپێی ڕێککەوتنێکی تایبەت لە نێوان «ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران»و ڕۆژنامەی«کوردستانی نوێ»، لە پایزی ٢٠١٥دا لە ژمارەی هەفتانەی هەینی-شەممەی«کوردستانی نوێ»دا بڵاو کراونەتەوەو ئەمە زۆرتر دە پرنسیپەکەی «ئازادی»، «سۆسیالیزم»، «یەکسانی»، «سکولاریزم»، «مافی مرۆڤ»، «مافی چارەی خۆنوسین»، «ئۆتۆنۆمی»، «ئاشتی»، «سۆسیال-دیموکراسی«و دیموکراسی» دەگرێتەوە.

چاپی سێیەم ١٢٢٣ ناونیشانی لە خۆ گرتووە کە بەسەر ژیاننامەی کەسایەتییە دیارەکان و شەهیدان و بڵاوکراوەو ڕاگەیەندراوەکان و شەڕەکانی هێزی پێشمەرگە

و ئۆرگانەکان و کۆبونەوە و پلینۆم و کۆنفرەنس و کۆنگرەکان و ڕێککەوتننامە و هاوپەیمانییەکان و یەکەکانی هێزی پێشمەرگە و پرنسیپەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دابەش کراون.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە جێی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ناگرێتەوە بەڵام بەوەی کە کەرەستەی پێویستی بۆ لێکۆڵینەوەکان دابین کردووە، دەتوانێ سەرچاوەیەکی گرنگ بێ بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی کوردایەتی.

فەرید ئەسەسەرد
سەرپەرشتیاری گشتی و سەرۆکی دەستەی کارا
سلێمانی ٢٠١٦/١/٤

# پێشەکیی چاپی دووەم

تەنها یەک مانگ پاش دەرچونی چاپی یەکەمی  ئەم ئینسکلۆپیدیایە لە ساڵی ٢٠١٣، دەستەی کارا بۆ ئامادەکردنی چاپی دووەم کەوتە گەڕ. چاپی دووەم شوێن پێی هەمان پلانی پێشوی بە هەندێ دەستکارییەوە هەڵگرتووە. ئەم چاپە درێژەپێدەری چاپی یەکەمە بە زیادکردن و هەموار کردنەوە. لەم سۆنگەیەوە سیستمی پەیڕەوکراوی ئەم چاپە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیستمی پەیڕەوکراوی چاپی یەکەمدا نیە.

لە چاپی یەکەمدا شەڕەکانو شەهیدەکان لێک جیا کراونەتەوە. بەڵام لەم چاپەدا ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕێکی دیاریکراودا پێکەوە شەهید بون، پێکەوە کۆکراونەتەوەو لە پەراوێزی شەڕەکەدا ژیاننامەیان بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش ئینسکلۆپیدیای لەوە رزگار کردووە کە لە کاتی گێڕانەوەی ژیاننامەکاندا وردەکاریی شەڕەکە لەگەڵ گێڕانەوەی ژیاننامەی هەر شەهیدێکدا دوبارە بکرێتەوە. ئەمە زۆرتر چەند شەڕێکی گرتۆتەوە لەوانە شەڕی شۆراوە (١٩٨٠) و شەڕی گەڕاوی ـ تازەشار (١٩٨٨) و روداوی دارمانی ئەشکەوتی داری خلە (١٩٨٩). بەپێی ئەم هەموارکردنە، پاش گێڕانەوەی شەڕەکان یان روداوەکان، دەمو دەست ژیاننامەی شەهیدەکان دادەبەزێ و لێرەدا پێویست بەوە ناکا کە هەر شەهیدێک ناونیشانێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ.

لەم چاپەدا هەموو وردە هەڵەکانی تایبەت بەوردەکاریی ژیاننامەکان و ساڵەکان و

شوێنەکان ڕاست کراونەتەوەو بەشێکی زۆری بابەتەکان زانیاریی دیکەیان خراوەتە سەر. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی، کارێکی وای کردووە زانیارییەکان بە شێوەیەکی تێرو تەسەلترو دەوڵەمەندترو ڕۆشنتر پێشکەش بەخوێنەر بکرێن، سەرباری ئەوەی کە ئینسکلۆپیدیا، وەک لە پلانەکەیدا بڕیاری لێ دابوو، بە دواداچونی بەردەوامی بۆ ژیاننامەی کەسایەتییە بەرچاوخراوە زیندووەکان کردوەو لەم سۆنگەیەوە هەر چییەک لە ماوەی نێوان چاپی یەکەم و چاپی دووەمدا بەسەر ژیانی سیاسیو کەلتورییاندا هاتبێ، لەم چاپەدا خراوەتە سەر ژیاننامەکانیان.

لەم چاپەدا بەشێکی بابەتەکانی چاپی پێشوتر پاشکۆیان هاوپێچ کراوە. هەندێ لەو پاشکۆیانە بەهایەکی دیکۆمێنتاری بەنرخیان هەیە. پاشکۆکان کە زۆرتر شێوەی بەیاننامە لە خۆوە دەپێچن، زانیاریی تەواوکەریان تێدا بەدی دەکرێ کە لەڕوی زانستییەوە بە چەند شێوەیەک دەکرێ سودیان لێ وەربگیرێت و زۆر جار تیشک دەخەنە سەر هەندێ لەو بوارانەی کە پێویستیان بە ڕوناکییەکی زۆرتر هەیە.

لە کۆتایی ئەم چاپەدا پێرستی ناوەکان ئامادە کراوە کە کاری گەڕان بە دوای ناوی کەسایەتییەکانو شەڕە گەورەکان و ڕوداوە گرنگەکان و بڵاوکراوەکان ئاسان دەکاو بەم هۆیەوە خوێنەر لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ژمارەی هەموو ئەو لاپەڕانەی چنگ دەکەوێ کەناوە ویستراوەکانی تێدایە. ئەم پێرستی ناوە، جگە لەمە، بە پێی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری، لە ئینتەرنێتیش هەمان کارئاسانی بۆ خوێنەر دابین دەکا. یەکێ لەو کێشانەی کە لەکاتی ئامادەکردنی پێرستەکەدا هاتۆتە پێش و بەدڵنیاییەوە ڕوبەڕوی هەموو ئەو کەسانە دەبێتەوە کە خوازیارن سود لەو سیستمە وەرگرن، بونی ناوە لێکچووەکانە، بەتایبەتی سەبارەت بە کەسایەتی و شەڕو بڵاوکراوەو ڕێکخراوەکان. لە پێرستەکەدا هەوڵ دراوە بە دانانی نیشانەی تایبەت لەناو دوو کەوانەدا، ناوە لێکچووەکان لێک جیا بکرێنەوە.

یەکێ لەو کێشانەی کە لەم چاپەدا، هەر وەک چاپی پێشوو، هاتۆتە پێش، کێشەی دوو ناوییە، واتە ناوی ڕاستەقینە و ناوی خوازراو، چونکە لە هەلومەرجی پێشمەرگایەتیدا ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە، هەندێ جار وەک نەریتێکی شۆڕشگێڕانەو هەندێ جاری تر بۆ پاراستنی کەسوکاریان لە شارو شارۆچکەکانو هەندێ جاریش لە سۆنگەی هەندێ فاکتەری ئەمنییەوە، بەتایبەتی بۆ ئەندامانی ڕێکخستنی ناو شارەکان، ناوی خۆیان شاردۆتەوەو لەم سەروبەندەدا بەشێکیان بە ناوی تر ناوبانگیان پەیدا کردووە و هەندێکیان تەنانەت پاش نەمانی ئەو هۆیانەی هانی داون هانا بۆ ناوی خوازراو بەرن، نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ناوە ڕاستەقینەکانیان. لەم ئینسکلۆپیدیایەدا میتۆدێکی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە پیادە نەکراوەو بە هۆی ئەمەوە لەو شوێنانەی کە ناوی کەسایەتییەکان هاتووە،

یەکێ لە دوو ناوەکە، بەپێی پێویست، بەکار هێنراوە. ئەم میتۆدە لە پێرستی ناوەکانیش بە هەمان شێوازی پیادەکراو، رەنگی داوەتەوەو لەوێش هەمان میتۆد بەکار هاتووە.

چاپی دووەم ٩٣٢ ناونیشانی لە خۆ گرتووە، کە بە هەمان چەشنی چاپی یەکەم، بەسەر ژیاننامەی کەسایەتییە کاراکانو شەهیدەکانو بڵاوکراوەکان و شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەو دام و دەزگاکان و کۆبونەوەو پلینۆم و کۆنفرەنس و کۆنگرەکان و رێککەوتنەکان و هاوپەیمانییەکاندا دابەش کراون.

بە دڵنیاییەوە ئەم چاپەش پێویستی بە سەرنج و تێبینییەکانی شارەزایان هەیە. وەک چۆن لە چاپی یەکەمدا سودێکی زۆری لە سەرنج و تێبینییە نێردراوەکان وەرگیرا، ئەمجارەش بە هەمان شێوە سودیان لێ وەردەگیرێ.

فەرید ئەسەسەرد
سەرپەرشتیاری گشتیو سەرۆکی دەستەی کارا
سلێمانی ٢٠١٤/٣/١٤

# پێشەکیی چاپی یەکەم

بیرۆکەی دەرکردنی ئینسکلۆپیدیایەکی تایبەت بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١١ دەگەڕێتەوە، کاتێک لە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران دەستمان بە چاپکردنەوەی ئەدەبیاتی سەردەمی پێشمەرگایەتی کرد. لەو دەمەدا سەرەڕای پەی بردن بەبایەخی دەستخستنی دیکۆمێنتەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی بۆ ئەندامان و کادیران و لێکۆڵیاران، هەستمان بەوە کرد کە ئەم پرۆژەیە پێویستی بە پرۆژەیەکی فراوانترە کە شانبەشانی پرۆژەی چاپکردنەوەی دیکۆمێنتەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی، بەشدار بێ لە شۆڕبونەوە بە ناخی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە شێوەیەکی قوڵتر و سیستماتیکتر، بەتایبەتی کە دیکۆمێنتەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی زۆرتر جەخت دەکەنە سەر دوو مەسەلەی گرنگ کە بۆ سەردەمی خۆیان گرنگییەکی لە ڕادەبەدەریان هەبوە، یەکێکیان رونکردنەوەی هەڵوێستی سیاسی و ئەجیندای کارە و ئەوی تر قوڵکردنەوەی گیانی خۆڕاگری و بەرخودانە.

ئەمە ئەکادیمیای بردە سەر ئەو باوەڕەی کە چاپکردنەوەی ئەدەبیاتی سەردەمی پێشمەرگایەتی بە تەنها، لێی رانابینرێ بتوانێ وێنایەکی ورد دەربارەی مێژوی یەکێتی پێشکەش بکا. لەم سۆنگەیەوە بیر لە پرۆژەیەک کرایەوە کە مەبەستی داواکراو بەدی بێنێ و لە هەمان کاتیشدا گێڕانەوەیەکی کت و متی رابردوو نەبێ. بەم شێوەیە، وردە وردە بۆچونەکە لەسەر دەرکردنی ئینسکلۆپیدیایەکی تایبەت بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

گیرسایەوە کە مەسەلەی نوسینی مێژوی یەکێتی تێپەڕێنێ و بتوانێ بچێتە ناو وردترین وردەکاریی ژیانی یەکێتی لە رابردوو و ئێستادا.

لە کۆتایی ساڵ راوێژ بە شارەزایانی دەرەوەی وڵات کرا، بیرۆکەی پرۆژەکەیان لەگەڵدا تاوتوێ کراو سەیری چەند ئینسکلۆپیدیایەکی بیانی کرا بە مەبەستی سودمەندبون لە ئەزمونە پێشکەوتووەکانی ئەم بوارە. بۆ ئەم پرۆژەیە سود لە ئەزمونی چەند ئینسکلۆپیدیایەک وەرگیرا، لەوانە لە ئێران، ئینسکلۆپیدیای فارسیی سەدر حاج سەید جەوادیو بەهائوددین خورەم شاهی و ئینسکلۆپیدیای فارسیی غولام حوسەین موساحیب کە یەکەمیان لە لایەن دەزگای ئینسکلۆپیدیای شیعەگەرییەوە دەرچووەو ئەوی تر لە لایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەمیر کە بیرەوە. هەروەها سود لە ئەزمونی هەر یەک لە میسرو لوبنان لە بواری ئینسکلۆپیدیادا وەرگیرا. لە ئینسکلۆپیدیاکانی میسر سەیری فەرهەنگی سیاسیی ئەحمەد عەتیەتوڵڵا کرا کە چاپی سێیەمی لە ساڵی ١٩٦٨ لە قاهیرە دەرچووە. لە ئینسکلۆپیدیاکانی لوبنانیش سەیری سێ ئینسکلۆپیدیا کرا، یەکێکیان ئینسکلۆپیدیای سۆسیالیزمە کە دکتۆر محەمەد عەلی موراد بە هاوکاریی چەند لێکۆڵیارێکی دیکە دەری کردووەو هەروەها سەیری کۆپییە عەرەبییەکەی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام کرا کە ئەحمەد شەنتناوی بە هاوکاریی چەند وەرگێڕێکی تر وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و هەر لەم سەروبەندەشدا سەیری ئینسکلۆپیدیای عەسکەریی هەیسەم ئەیوبی کرا کە بە چەند بەرگێک دەرچووە و بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٧ لە بەیروت چاپ کراوە.

هەروەها بە شێوەیەکی تایبەت سودێکی زۆر لە ئەزمونی ئینسکلۆپیدیای Insight on The Scriptuers وەرگیرا کە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٨ بە زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا دەرچووەو لەوساوە چەند چاپێکی لێ دەرچووەو تا ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر ٢٦ زمان لە جیهانداو تایبەتە بە کەسایەتییەکان و شوێنە جوگرافییەکان و روداوە جەنگی و مێژوییەکانی ناو تەورات و ئینجیل. ئەم ئینسکلۆپیدیایە کە تیراژی چاپی یەکەمی نیو ملیۆن دانەیە، لە لایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی خوێندکارانی کتێبی پیرۆزەوە دەردەچێ.

لە دواییدا، پاش شەن و کەو کردنی نمونەکان، بیر لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە گونجاوترین ئینسکلۆپیدیای تەرخانکراو بۆ کاروباری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوەیە کە بە شێوەی فەرهەنگ، بەپێی ئەلفوبێ، رێک بخرێ، بەتایبەتی کە ئەم مۆدیلە هەلومەرجێکی وا فەراهەم دەکات کە بتوانرێ زۆرترین زانیاری لە کەمترین پانتاییدا نمایش بکرێ و هەموو بوارەکان بگرێتەوەو لە میتۆدی کارکردنیشدا، بە بەراورد لەگەڵ میتۆدەکانی تردا، دەشێ ساکارتر بێو خێراتر بەرهەمی لێ بکەوێتەوە.

یەکەم کۆبونەوەی دەستەی کارا بە سەرۆکایەتیی سەرپەرشتیاری گشتی، لە٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١١ لە بارەگای ئەکادیمیا بەسترا کە تێیدا ئەجیندای کار و شێوە و میکانیزمەکانی کۆکردنەوە و تاوتوێ کردن و شیکردنەوە و داڕشتنی زانیارییەکان دەستنیشان کران. لە کانونی یەکەمدا دەستەی کارا بەپێی نەخشەی دانراو کەوتە گەڕ.

چاپی یەکەم ٦٣٠ ناونیشانی لە خۆ گرتووە کە بەسەر ژیاننامەی کەسایەتییە کاراکان و شەهیدەکان و بڵاوکراوەکان و نەبەردەکانی هێزی پێشمەرگەو دام و دەزگاکان و کۆبونەوەکان و هاوپەیمانییەکاندا دابەش کراون، لەوانە ١٣١ ناونیشان بۆ کەسایەتییەکان تەرخان کراوە، ١١٧ بۆ شەهیدەکان، ٦٢ بۆ بڵاوکراوەکانو ٢٠٩ بۆ نەبەردەکانی هێزی پێشمەرگە.

بەپێی نەخشەی دانراو، نیاز وایە ساڵی جارێکو ئەگەر توانرا ساڵی دوو جار ئەم ئینسکلۆپیدیایە چاپ بکرێتەوەو هەر جارەی بابەتی تری بخرێتە سەرو دوای ئەوەی دەستەی کارا دەچێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئینسکلۆپیدیاکە زۆربەی هەرە زۆری بابەتە پێویست و گرنگەکانی روماڵ کردووە، هەمووی بەسەر یەکەوە لە یەک بەرگدا یاخود بە چەند بەرگێک چاپ دەکرێتەوە.

سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەم ئینسکلۆپیدیایە سەرچاوەی هەمەجۆرن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بەسەر چوار جۆری سەرەکیدا دابەش بکرێن کەئەمانەن:

١-بڵاوکراوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی کە ژمارەیەکی زۆریان دەگمەننو هەندێکیان زۆر بە ئەستەم چنگ کەوتون.

٢-یاداشت و بیرەوەرییەکانی ئەو کەسانەی کە ئەزمونی ژیانی خۆیان لە سەردەمی پێشمەرگایەتیو ناو رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا گێڕاوەتەوە، بە سودوەرگرتن لە بیرەوەرییە بڵاوکراوەکانی ئەو کەسانەش کە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نین.

٣-چەردەیەک لەو گۆڤارانەی کە بە شێوەی هەمەجۆرو لە کاتی جیاوازدا بەشێک لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بڵاوکردۆتەوە لەوانە گۆڤارەکانی «رێبەری پێشمەرگە»، «چیا»، «سەنگەر»و رۆژنامە «کوردستانی نوێ» بەتایبەتی ئەو بابەتانەی لە لاپەڕەی «سەروەران» بڵاوکراونەتەوە.

٤-ئەو وتارو لێکۆڵینەوانەی بە شێوەیەکی بەربڵاو دەربارەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ژمارەیەکی زۆری چاپەمەنییەکاندا بڵاوکراونەتەوە کە ئەمە ئەو چاوپێکەوتنانەش دەگرێتەوە کە خاوەنەکانیان تێیدا هەندێ مەسەلەیان ورووژاندووە کە لەم ئینسکلۆپیدیایە سودێکی زۆریان لێ وەرگیراوە.

٥ -سەدان چاوپێکەوتنی تایبەت و پەیوەندی کردن و دروست کردنی کۆنتاکت بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و بە تەلەفۆن و نوسراو و ئیمەیل بۆ وەرگرتنی زانیاری یان بۆ ساغکردنەوەی هەندێ زانیاری کەپێویستیان بە لێوردبونەوە و لێ دڵنیابون بووە. بەم پێیە، سەرچاوەی بەشێکی گرنگی زانیارییەکان سەرچاوەی رەسەنن و لە کانگای سەرەکییەوە وەرگیراون.

بۆ دەستەی کارا کە بەسکرتێرەوە لە چوار کەس پێکدێ، کارکردن بۆ ماوەی ساڵێک و دوو مانگێک بەم ژمارە کەمە، کارێکی پڕوکێنەر بوو، بەتایبەتی کەمەسەلەکە تەنها بەکۆکردنەوەی زانیاری دانەکەوتووە، بەڵکو کۆکردنەوەکە تەنها هەنگاوێکی سەرەتایی بووە بۆ گەیشتن بەڕاستیی خوازراو. پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان، ئەرکی شیکردنەوەو پۆلین کردن و بەراوردکردنی زانیارییەکان دێتە پێش. ئەم پرۆسەیەش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دوو ئەرکی تری هاتۆتە سەر، یەکێکیان دڵنیابونە لەدروستیی زانیارییەکان کەئەمەش تەنها بەوە دێتە دی کەسەرچاوەی تر بۆ پشت راستکردنەوەی زانیارییەکان بدۆزرێتەوەو ئەوی تر پڕکردنەوەی کەلێنی ناو زانیارییە کۆکراوەکانە بە مەبەستی پێشکەش کردنی بڕێکی گونجاو و پەسندکراوی زانیاری سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراو، چونکە هەندێ لەبابەتەکان گێڕانەوەی جیاوازیان هەیە یان زانیاریی شێواویان تێکەوتووە یان تێکەڵ بە بابەتی تر بون یان بەکەموکوڕییەوە کۆکراونەتەوە. لەم سەروبەندەدا ئەرکی داڕشتنەوەو رێکخستنی زانیارییەکان لە بەرەنجامی کۆتاییدا لەئەستۆی سەرپەرشتیاری گشتی بووە.

بەپێی نەخشەی دانراو، لەچاپی دووەم بەدواوە نیازی فراوان کردنی دەستەی کارا هەیە بۆ ئەوەی دەستەکە ژمارەیەکی زۆرتری ئەندام بگرێتەوە بە ڕەچاوکردنی فاکتەری دابەشبونی جوگرافی.

بۆ ئەوەی خوێنەر شارەزای شێوازی کارکردن بێ لەم ئینسکلۆپیدیایە، ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێ:

١-شێوازی رێکخستنی بابەتەکان بەپێی ئەلفوبێیە و لەم روەوە بابەتەکانی هەر پیتێک بەپێی بابەت پۆلین نەکراون، بەڵکو هەموی بەسەر یەکەوە بەپێی ریزبەندیی پیتەکانیان، بەو جۆرەی لە فەرهەنگەکانی زماندا پیادە کراوە، رێک خراون.

٢-بەشێک لەو کەسایەتییانەی کە ژیاننامەیان لەم چاپە بڵاوکراوەتەوە یان لە چاپەکانی تردا بڵاو دەکرێتەوە، لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانیاندا ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بون. وازهێنانیان لە یەکێتی یان دەست لەکار کێشانەوەیان یان پەیوەندی کردنیان بە گروپی سیاسیی ترەوە ئەو مافەیان لێ ناسەنێتەوە کە لەم ئینسکلۆپیدیایە ژیاننامەیان بڵاو بکرێتەوە، بەتایبەتی کە هەندێکیان لە هەندێ قۆناغی دیاریکراودا رۆڵی سەرەکییان لە ناو

یەکێتیدا هەبووە.

٣-لە گێڕانەوەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لەساڵانی ١٩٧٦و ١٩٧٧و تەنانەت لە بەشێکی ساڵی ١٩٧٨، ئاماژە بەیەکە پێشمەرگەییەکان نەکراوە، چونکە لە سەرەتای ساڵانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار تاکە یەکەی هێزی پێشمەرگە، مەفرەزە بووە. پاش دابەش کردنی کوردستان بەسەر چەند هەرێمێکدا، پەیڕەوی لەپلەبەندیی مەفرەزە- کەرت- هەرێم کرا، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٨یش هەندێ ناوچە دوور بوو لەم پلەبەندییە.

٤-چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لەساڵانی ١٩٧٦و ١٩٧٧، بەبەراورد لەگەڵ چالاکیی ساڵانی پاشتر، بە کورتی نمایش کراون. ئەو سەرچاوانەی گێڕانەوەی ئەو چالاکییانەیان لە ئەستۆ دایە، سەرچاوەی تێروتەسەل نین و کەمترین زانیارییان لە خۆ گرتووە. لەو سۆنگەیەشەوە کە ژمارەیەکی زۆری ئەو پێشمەرگانەی بەشدار بون لەو چالاکییانە، شەهید بون یان کۆچی دواییان کردووە، دەرفەتێکی زۆر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەم بارەیەوە پێک نەهات. تائێستا گرنگترین سەرچاوەی نوسراو کە ئاماژە بۆ چالاکییەکانی ساڵانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ و بەشێکی چالاکییەکانی ساڵی ١٩٧٨ ی هێزی پێشمەرگە دەکا، هەواڵنامەی کوردستانی عیراقە، بەتایبەتی یەکەم ژمارەی کە لە ئایاری ساڵی ١٩٧٨ لە کوێستانەکانی قەندیل بەناونیشانی «هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عیراق لە ماوەی دوو ساڵدا» دەرچووە. ئەم ژمارەیە زۆرتر بۆ دیکۆمێنت کردنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەیە لەماوەی نێوان ئایاری ١٩٧٦ و نیسانی ١٩٧٨. جێی ئاماژە پێ کردنە، کە ئەگەر لەو دەمەدا کاک نەوشیروان مستەفا ئەرکی کۆکردنەوەی چالاکییەکانی ساڵانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ی لە ئەستۆ نەگرتایە، بە دڵنیاییەوە زۆربەی هەرە زۆری دەفەوتاو لە بیر دەچۆوە.

٥-هەندێ لە دەزگاکان بەپێی قۆناغەکان ناوی جیاوازیان بە خۆیانەوە دیوە و ئەمە لە هەندێ رووەوە رەنگە ببێتە مایەی سەرلێشێواندن چونکە خوێنەر هەر جارەی ناوی دەزگاکە بە شێوەیەکی جیاواز دەبینێ، بۆیە رەنگە ئەمە وای لێ بکا دەزگاکە بە چەند دەزگایەک تێ بگا. بە هۆی ئەمەوە، لە ڕەوتی گێڕانەوەی مێژودا، زۆرتر ناوی دواییی دەزگاکە بەکار هێنراوە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەر کات پێویست بە بەکارهێنانی ناوە کۆنەکە کرابێ، ئاماژەی پێ کراوە. ئەمە زۆرتر دوو دەزگا دەگرێتەوە، یەکێکیان کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە کەناوە کۆنەکەی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانە و ئەوی تر رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانە کە پێش ئەم ناوە دوو ناوی تری هەبووە کە بریتین لە رادیۆی دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رادیۆی دەنگی شۆڕشی عیراق.

لە دەرکردنی ئەم ئینسکلۆپیدیایەدا سەدان کەس بە شێوەی جیاواز یارمەتییان داوین و سەرچاوەی رەسەنی زانیارییان بۆ دابین کردوین یان بەشێک لە زانیارییە کۆکراوەکانیان

بۆ پشت راست کردوینەتەوە یان کارئاسانییان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بۆ کردوین و ئەو هاوکاری کردنەیان بۆتە مایەی دەوڵەمەندکردنی ئەم ئینسکلۆپیدیایە. هاوکاریی ئەو بەڕێزانە مایەی ڕێزو پێزانینە.

هەمو ئەوانەی سەرنج و تێبینییان لەسەر ئەم چاپە هەیە یان خوازیارن زانیاریی تر سەبارەت بە بابەتە بڵاوکراوەکان بنێرن، دەتوانن بە مۆبایل و ئیمەیل پەیوەندی بە دەستەی کاراوە بکەن.

فەرید ئەسەسەرد
لێپرسراوی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
٢٠١٣/٥/١٤

# ئـــ

## ئاراس ئیبراهیم محەممەد



پێشمەرگەی دێرین‌و مۆسیقاژەن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی گەڕەکی کانی ئاسکانی شاری سلێمانی. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە. لە منداڵییەوە حەزی لە مۆسیقا بووە، بەتایبەتی کە دلێری برای کەمانچەژەن بووەو ئەمەش وای لێ کردووە لە تەمەنی دە ساڵیدا ئاشنایەتی لەگەڵ کەمانچەدا پەیدا بکا. ساڵی ١٩٧١ لە فیستڤاڵی خوێندنگەکاندا لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لەسەر ئاستی هەموو عیراق پلەی یەکەمی بەدەست هێناو لە ساڵی ١٩٧٦دا لە تیپی مۆسیقای سلێمانی بەئەندام وەرگیرا.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی لە فیستڤاڵی بەسرەی زانکۆکانی عیراقدا کردو پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

لە کۆتایی هەمان ساڵدا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٣ی شارباژێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. یەکەم مۆسیقاژەن بوو پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکا.

ساڵی ١٩٨١ خولێکی پزیشکیی لەگوندی بلەکێ بینی‌و پاشان گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش لەزەڵێ. هاوینی هەمان ساڵ گوێزرایەوە بۆ بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە توژەڵەو لەوێ وەك بێژەرو سەرپەرشتیاری کاروباری هونەری کاری کرد. هەر ئەو ساڵە لەکۆبونەوەیەکی تاڵەبانیدا لەگەڵ دەزگای راگەیاندن، پێشنیاری دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقای کردو رەزامەندیی تاڵەبانیی بەدەست هێنا.

لە تشرینی یەکەمدا تیپی مۆسیقای شەهید کارزانی دامەزراندو بارەگاکەی لە زەڵێ کردەوە. یەکەم بەرهەمی تیپەکە تۆمارکردنی کاسێتێکی دە سرودی بوو. لەو ماوەیەدا تیپەکە چەند ئاهەنگێکی لە زەڵێ‌و ناوزەنگ گێڕا.

تێکەڵاوکردنی هونەرو پێشمەرگایەتی کە ئەزمونێکی تازە بوو لە شۆڕشدا، چێژێکی تایبەتی بە ژیانی پێشمەرگایەتی دا. لە تیپەکەدا چەند مۆسیقاژەنێك هاوکاری بون لەوانە هیوا زەندی‌و رزگار ئیسماعیل، چەند هونەرمەندێکی کوردستانی رۆژهەڵاتیش هەماهەنگیی هونەرییان لەگەڵدا کرد لەوانە فەرهاد شوکروڵڵا بابان‌و تاهیری خەلیلی. هەر لەو ماوەیەشدا ئازاد خانەقینی پەیوەندیی بە تیپەکەیەوە کرد. لە ساڵی ١٩٨٢دا دەستەی بەڕێوەبەری تیپەکە لە خۆی‌و دلێر ئیبراهیم‌و شوان کابان‌و سالار ئەحمەد پێك هاتبوو. بەڵام هەر ئەو ساڵە، بە هۆی هەلومەرجی پێشمەرگایەتییەوە چالاکییەکانی تیپەکە هەڵپەسێردران و ئەندامەکانیشی بڵاوەیان لێ کرد.

ساڵی ١٩٨٣ گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٣ی ئەزمری

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون. هەر ئەو ساڵە لە گوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافەتی بەشداریی خولێکی بێسیمی کردو دوای خولەکە بۆ بەشی بێسیمی بارەگای مەکتەبی سیاسی گوێزرایەوە.

لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بەشدار بوو لە زیندوکردنەوەی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان. بارەگای تازەی تیپەکە لەخولی دووەمیدا لە بەرگەڵوو بوو، ساڵی دواتر ئەندامانی تیپەکە بە بەردو گڵ ستۆدیۆیەکیان بۆ تیپەکە دروست کرد. لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی تیپەکەدا کرد.

ساڵی ١٩٨٧ لە بەشی بێسیمی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری ورمێ کاری کردو ساڵی دواتر بۆ ئۆفیسی پەیوەندییەکانی کرماشان گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٩٠ لە شاری سەقز گیرسایەوەو بەشداریی لە فیستڤاڵی نەورۆزو هەڵەبجەدا کرد. لە کۆتایی هەمان ساڵدا وەك کادیری بەشی بێسیم گوازرایەوە بۆ ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە دیمەشقی پایتەختی سوریا.

لە ئابی ١٩٩١دا سوریای بەجێ هێشت و لەسوید گیرسایەوە. لەوێ سەرقاڵی خوێندن بوو لە پەیمانگای کۆمپیوتەری میرۆ. لە ساڵی ١٩٩٩دا سویدی بەجێ هێشتو لە لەندەن گیرسایەوە. ساڵی ٢٠٠٠ گەڕایەوە بۆ کوردستانو تا کۆتایی ساڵ وەك بەرپرسی بەشی ئای تی لە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ کاری کرد. لە ماوەی نێوان ٢٠٠١-٢٠٠٣دا لە ڕێکخراوی فاو وەك بەرپرسی بەشی ئای تی، لە ماوەی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ لەرێکخراوی هاندیکاپ وەك بەڕێوەبەری کارگێڕی، لە ساڵی ٢٠٠٥ وەك بەڕێوەبەری ڕێپێدراو لە ڕێکخراوی کوردستان بۆ راهێنانەوەی کەمئەندامان، لە ماوەی ٢٠٠٦-٢٠٠٨ وەك بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای بازرگانیی دارکۆ، لە ماوەی ٢٠٠٨-٢٠١٠دا وەك بەڕێوەبەری جێبەجێکار لەماڵپەڕی دەزگای خەندانو لە ماوەی ٢٠١٠-٢٠١٣دا وەك بەڕێوەبەری ئۆفیس لە کۆمپانیای پلان بۆ بەڵێندەرایەتیی گشتی کاری کردووە. ساڵی ٢٠١١ بە پلەی عەمید خانەنشین کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* تیپی مۆسیقای شەهید کارزان.

* سەقز (فیستیڤاڵ).

## ئاراستەی یەکگرتن (ڕەوتی سیاسی)

ڕەوتێکی سیاسییە ساڵی ٢٠١٦ لە ناو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پەیدا بووە، ئامانجەکەی یەکگرتنەوەی باڵێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بووە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. سەرەتای پەیدابونی ڕەوتەکە بۆ هاتنە ئارای دایەلۆگ لە نێوان حزبی زەحمەتکێشان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگەڕێتەوە کە لە چوارچێوەیدا بیرۆکەی یەکگرتنەوەی هەردوو حزب هاتە ئاراوە.

لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ئامادەییەکی تەواو لەم بارەیەوە هەبوو، بەڵام لە ناو حزبی زەحمەتکێشاندا بیرۆکەکە هێشتا پێویستی بە دایەلۆگی ناوخۆیی هەبوو. لە کۆبونەوەی سەرکردایەتیی حزبی زەحمەتکێشاندا کە بۆ تاوتوێ کردنی بیرۆکەکە تەرخان کرابوو، دوو گروپ پەیدا بوون، گروپێك کە لە ١٥ ئەندامی سەرکردایەتی پێکهاتبوو دژی یەکگرتنەوەکە بوو، گروپێکی تر کە لە ١٠ ئەندامی سەرکردایەتی پێکهاتبوو، پشتیوانیی لە بیرۆکەکە کرد. نەسازانی هەردوو گروپەکە، بووە مایەی جیابونەوەی دە ئەندامە یەکێتیخوازەکەی سەرکردایەتی کە ئەمانەن: ئاسۆس عەلی ئەحمەد، جەمال حسێن، ئامانج عەلی، حەسەن مستەفا، زارا ئەحمەد، جەبار عەزیز، کامەران محەمەد ئەمین، رزگار عەلی حسێن ناسراو بە مەلا رزگار، ئاسۆ یەحیاو سەیفەددین نەجمەددین. جیابووەکان ئاراستەیەکیان بە ناوی ئاراستەی یەکگرتن پێك هێناو بۆ یەکگرتنەوە

لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەستیان بە دایەلۆگێکی بنیاتنەر کرد.

لە٢٤ی ئابی ٢٠١٦دا ئەندامانی ئاراستەی یەکگرتن کۆنفرەنسێکی رۆژنامەوانییان بەست و بەیاننامەیەکیان خوێندەوە، تێیدا رونیان کردەوە کە پشتیوانی لە«بەهێزکردنی بەرەی چەپ و دیموکراسی» دەکەن و ئەم ئامانجە بە «وەرچەرخانێکی مێژوویی» دەزانن. هەر لەو بەیاننامەیەدا، بۆ ئەوەی دەستکراوە بن لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسیی خۆیان و هەڵبژاردنی رێگایەکی نوێ، جیابونەوەی خۆیان لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان راگەیاندو ئاماژەیەکیشیان بەوە دا کە پشتگیریی یەکگرتنەوە دەکەن لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەم سەروبەندەدا رونیان کردەوە کە ئەزمون نیشانی داوە «یەکگرتنی هێزە چەپ و دیموکراتەکان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پاراستنی دیموکراسی و تێکدانی پیلانەکان چەند کاریگەر بووەو بە ئەنجام سەرکەوتوو بووە».

مانگێك دواتر، دانوستان لە نێوان هەردوولا بە شێوەیەکی فەرمی دەستی پێ کرد. لیژنەیەك لە دە کەس لە هەردولا بۆ وتوویژ پێك هات. لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر یەك لە مەلا بەختیار، رەفعەت عەبدوڵڵا، لەتیف عومەر مستەفا، موحسین عەلی ئەکبەرو مستەفا چالاوی ئەندام بون لە لیژنەکەداو لە گروپی ئاراستەی یەکگرتن هەر یەك لە ئاسۆس عەلی ئەحمەد، ئامانج عەلی، جەمال حسێن، حەسەن مستەفاو کامەران محەمەد ئەمین. لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦دا دایەلۆگەکە سەری گرت و یەکگرتنەوەی ئاراستەی یەکگرتن لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راگەیەنرا. کۆی ئەندام و کادیرەکانی ئاراستەی یەکگرتن کە چوونە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەوروبەری ١٥٠٠ ئەندام و کادیر بوو.

## پاشکۆ
## راگەیەندراوی ئاراستەی یەکگرتنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان
حزب و لایەنە سیاسییەکان
رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

ئەمڕۆ هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و داخوازییەکانی قۆناغی گوزەری دیموکراسی، لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە بەخشینی گوڕو تین و کۆکردنەوەی هێزە چەپ و دیموکراتەکانە. بەهێزکردنی بەرەی چەپ و دیموکراسی بە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی دەزانین، لە لایەك لە بەرامبەر نا عەدالەتی و کەڵەکەبونی ئەو هەموو قەیرانانەی روبەڕوی گەلەکەمان بونەتەوە، لە لایەکی تریش لەپێناوی گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی لە کوردستان و گێڕانەوەی هاوسەنگی بە قازانجی دیموکراسی و داخوازییەکانی خەڵك.

لەم پێناوەدا ئێمە، لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، وەك ئاراستەیەکی دیموکراتی، دەمێکە لە ناو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و کۆڕو کۆبونەوەکانمان ئەم پرسەمان تاوتوێ کردووە، تەنانەت لە ئابی ٢٠١٤ دا بە فەرمی یاداشتێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتیی حزب کرد، تیایدا بە وردی تیشکمان خستە سەر کەموکوڕی و هەڵوێستە لاوازەکانی حزب لە هەمبەر دۆخی سیاسیی کوردستان، هەروەك ئەوەشمان خستە روو کە بەردەوامبونمان بەم شێوەیە بەرەو بچوکبونو پوکانەوەمان دەبات، کەچی بە داخەوە بۆچون و پێشنیارەکانمان لە لایەن سەرۆکایەتیی حزبەوە بە هەند وەرنەگیران و تەنانەت فەرامۆشیش کران.

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان
هێزو لایەنە سیاسییەکان


لە ڕوانگەی پەرۆشیمان بۆ دۆخی ئێستای کوردستان و پێداویستییەکانی قۆناغی گوزەری دیموکراسی، پێمان وایە بەهێزبونی دیموکراسی و بەرەی دیموکراسی، وا

دەخوازێ هەموو لایەکمان بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی باڵاو دور لە بەرژەوەندی و مەرامە تایبەتییەکان، بەرەو یەکگرتنو یەکبون هەنگاو بنێین.

لەم پێناوەدا ئێمە وەك ئاراستەی یەکگرتنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە بەشێکی کاریگەرو بەرچاو لە سەرکردایەتی و ئۆرگان و دامودەزگاو کادیرو ئەندام و دۆست و لایەنگرانمان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان لەگەڵیدایە، جیابونەوەی خۆمان لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان رادەگەیەنین. لە هەمان کاتدا پێشوازی لەو بانگەوازەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ یەکگرتنی لایەنە چەپ و دیموکراتەکان دەکەینو بەرەو پیری ئەو هەنگاوە ئەرێنییە دەچین. لە دوای راپەڕین دەرکەوتووە یەکگرتنی هێزە دیموکرات و چەپەکان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پاراستنی دیموکراسی و تێکدانی پیلانەکان چەند کاریگەر بووەو بە ئەنجام سەرکەوتوو بووە. هەروەك دوپاتی دەکەینەوە ئەم هەنگاوەمان بۆ دژایەتی کردنی هیچ کەس و لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو نیە.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
ئاراستەی یەکگرتن
٢٠١٦/٨/٢٤

## ئارام ئەحمەد محەمەد



پێشمەرگەی دێرینو کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی سەباح ئەحمەد محەمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بووەو دواتر گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و خوێندنی لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی دواتر لەگوندی داڵاوە کوردانی ناحیەی ئاغجەلەر بە مامۆستا دامەزراوە. ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٢ی کەرکوكو وەك کادیرێکی ڕێکخستن لە سنوری هەرێمەکەو پاشان لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك بە پلەی ئەندامی پۆل و کەرت کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٨٦دا لێپرسراوەتیی کەرتی ڕێکخستنی کۆیەی گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیەدا بەشدار بووە لە چەندین چالاکیی هێزی پێشمەرگەدا لەوانە شەڕەکانی کانی بۆگەنەو تەکباسان و داڵاوە روتەو قەڵاچۆغە لە ساڵی ١٩٨٢و شەڕی چیمەن (١٩٨٤)و ئۆپەراسیۆنی گرتنی رەبیەی شێخ مەنسوریانی دۆڵی خەلەکان (١٩٨٦).

لەو ماوەیەدا دوو بەرهەمی لەخولی سێیەمی گۆڤاری «کۆمەڵە»دا بڵاوکردۆتەوە، یەکێکیان بە ناونیشانی «کورتە باسێکی زەمینەی خەباتی چەکداریو جەنگی پارتیزانی لە کوردستاندا» کەبەدوو بەش لە ژمارە ١٤و ١٥ دا بڵاوکراوەتەوەو ئەوی تر بە ناونیشانی «جەنگی سایکۆلۆژیو شۆڕشی کوردستان» کە لە ژمارە ١٦دا بڵاوکراوەتەوە. ساڵی ١٩٨٧ بۆ دەزگای ناوەندیی رۆشنبیریی کۆمەڵەی رەنجدەران گوێزرایەوەو لەوێ بووە ئەندامی دەزگا.

ساڵی ١٩٨٩ لە سەقز لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی گرتە ئەستۆ.

لە ساڵی ١٩٩٠دا کتێبێکی بە ناونیشانی «شەپۆلی نوێی دیموکراسی» بڵاوکردەوە، تێیدا سروشتی پەیوەندیی نێوان سیاسەتی پریسترۆیکای سەرۆکی ئەوسای یەکێتیی سۆڤێت میخائیل گۆرباچۆڤو دیموکراسیو سۆسیالیزمی تاوتوێ کردو ڕەنگدانەوەی شەپۆلی نوێی دیموکراسیی لەسەر کوردو بزوتنەوەی کوردایەتی شرۆڤە کرد. هەر ئەو ساڵە لە ڕێی ئێرانەوە چوو بۆ بریتانیا و لەوێ گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩٥ لە بریتانیا دیپلۆمی باڵای لە زانستی کۆمپیوتەر بەدەست هێناو وەك مامۆستای کۆمپیوتەرو شارەزا لە سیستمی سیسکۆ کاری کرد.

ساڵی ٢٠١٠ گەڕایەوە بۆ کوردستان و پلەی ئەندامی لیژنەی باڵای مەکتەبی ڕێکخستنی پێ درا. لە ماوەی نێوان ٢٠١١-٢٠١٤ دا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## ئاريز عەبدوڵڵا ئەحمەد



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٥ی گوندی ئارانەی سەر بە خەلیفان لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٧٤، کاتێك شەڕ لە نێوان کوردو ڕژێمی عیراق دەستی پێکردەوە، باوکی بوو بە پێشمەرگەو هەر ئەو ساڵە بەهۆی شەڕەوە ئاوارەی ئێران بوون. ماوەی یەك ساڵ لە دیزفول و خورەم ئاباد مانەوە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە وەرزی پایزدا خێزانەکەی گەڕایەوە بۆ عیراق، یەکسەر بۆ ناحیەی ئیسلاح لە پارێزگای ناسریە دوور خرایەوە. لەوێ درێژەی بە خوێندنی سەرەتایی دا.

ساڵی ١٩٧٧ ڕژێمی عیراق ڕێی پێدان بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، لە هەولێر خوێندنی سەرەتایی تەواو کردو ناوەندی و ئامادەیی لە خەلیفان. شۆڕش و ساڵانی تاراوگە لە ئێران و باشووری عیراق ئاسەوارێکی قوڵیان لەسەر هۆشیاریی نەتەوایەتیی بەجێهێشت. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا پەیوەندیی بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد کە باڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. پاش پێکهێنانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پەیوەندیی بەو حزبەوە کردو لەم سەروبەندەدا هەڵسوڕانێکی دیاری لە ناو ڕێکخستندا نیشانداو لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا بەشدار بوو لە دروستکردنی دەستەیەکی پێشمەرگەی ناوشار کە چالاکیی شۆڕشگێڕانەی لە ناو شار ئەنجام دەداو هەندێ جار چاوساغیی بۆ هێزی پێشمەرگە دەکرد بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە ناو شار، تەنانەت جارێکیش لە ڕەواندز بریندار بوو.

جموجوڵی بووە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی دەزگا ئەمنییەکان، بۆیە زۆر جار بانگ دەکراو هەڕەشەی لێدەکرا. ساڵی ١٩٨٤، پاش تەواو کردنی قۆناغی ئامادەیی و بەر لەوەی بچێ بۆ زانکۆ، لە لایەن دەزگای ئەمنی هەولێرەوە گیراو دوای شەش مانگ ئازارو ئەشکەنجەدان، بە هۆی نەدرکاندنی هیچ نهێنییەکەوە ئازاد کرا. کاتێکیش خوێندکاری کۆلێجی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەددین بوو، دەزگای ئەمن چەند جارێك گێچەڵی پێ فرۆشت.




سەرەنجام ساڵ و نیوێکی لە زینداندا بەسەر برد.

دوای ئازادبوونی لە ساڵی ١٩٨٧، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی حزبی زەحمەتکێشانەوە کردو لە ناوچەکانی شەقڵاوە و ئاکرێ و ئامێدی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. هاوینی ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی خواکورك، لەسەر سنوری عیراق- تورکیا، لەگەڵ ٤ پێشمەرگەی تردا لە ئەشکەوتێك لە لایەن سوپای تورکەوە گیران و تا پاییزی ساڵی دواتر لە زیندانەکانی شەمزینان و هەکاری و دیاربەکر مانەوە، دواتر ئەم ئەزموونە دژوارەی لە دووتوێی رۆمانێکدا بە ناوی «لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە» دیکۆمێنێت کرد.

هاوین هەر پێنجیان ئازاد کران، بەڵام بە دەستبەسەری برانە شاری قەیسەری لە ناوەڕاستی تورکیا. لەوێ دەبوو هەموو رۆژێ سەردانی بنکەی پۆلیس بکەن و ئیمزای ئامادەبوون بکەن. دواتر سێ هاوڕێی خۆیان گەیاندە سوریاو ئەوو هاوڕێیەکی خۆیان گەیاندە دیاربەکرو لەوێ بەکۆمەکی هەندێ هاووڵاتیی کوردپەروەر گەیەنرانە شاری گەڤەر لە ویلایەتی هەکاری و لەوێوە ئاودیوی ئێران بوون.

لە ئێران لە ئۆردوگای زێوە لە نزیك ورمێ گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩٠ بە پارتیزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان و ماوەیەك لە ناوچەکانی ئاکۆ و خۆشناوەتی و رەواندزو دەشتی هەریر مایەوە. پاییزی ئەو ساڵە لەگوندی راژان لە ناوچەی مەرگەوەڕ بووە ئەندامی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی».

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە راپەڕیندا کرد. ساڵی ١٩٩٣ پشتگیریی پرۆژەکەی تاڵەبانیی کرد سەبارەت بە یەکگرتنەوەی چەپ و سۆسیالیستەکان و گەڕایەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەر ئەو ساڵە بووە ئەندامی مەکتەبی رێکخستن. بۆ ساڵی دواتر بووە ئەندام لەمەکتەبی هۆشیاری و بۆ ماوەیەك بووە سکرتێری نوسینی گۆڤاری «رێبازی نوێ» و پاشان بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی سۆران.

ساڵی ١٩٩٥ بوو بە فەرماندەی هێزەکانی باڵەکایەتی و ساڵی دواتر سەرەڕای ئەوەی کە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند بوو، سەرلەشکری رەواندزیش بوو. ساڵی ١٩٩٧ بوو بە ئەندامی فەرماندەیی و ساڵی ١٩٩٨ بوو بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٩٩ بوو بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی راپەڕین لەڕانیەو لە پرۆسەی ئازادیی عیراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ بووە کارگێڕی فەرماندەیی گشتی و فەرماندەی قۆڵی شوان- کەرکوك.

ساڵی ٢٠٠٥ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی سەوز هەڵبژێردراو لە ناو پەرلەمان بووە سەرۆکی کۆمسیۆنی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری.

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە بووە لێپرسراوی مەڵبەندی سۆران.

ساڵی ٢٠١٤ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا سەرۆکایەتیی لیستی ژمارە ٢٦٦ی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد، لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر دەنگی یەکەمی بەدەستهێنا و لەسەر ئاستی عیراق دەیەم بوو. لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا سەرۆکایەتیی کۆمسیۆنی نەوت و وزەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠١٧ بووە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لەسەر بازنەی سۆران، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ڕێگای یاخییان: بیرەوەری و یاداشت» (٢٠٠٤)، «زیندان لە پەنجەرەکەمەوە» (٢٠٠٦)، «لەو دیو دەرگا داخراوەکانەوە» (٢٠٠٩)، «وەرزی تەمومژ» (٢٠١٩).

## ئازاد حەمە گەمحان*



کادیری ڕێکخستنو فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە. باوکی ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بووە. ئەمەش لە منداڵییەوە ژینگەیەکی وای بۆ پێك هێناوە کە ئاشنایەتی لەگەڵ بیروباوەڕی چەپو پێشکەوتنخوازانە پەیدا بکات.

ساڵی ١٩٦٨ لە کاتێکدا کەخوێندکاری پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووە، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو وازی لە خوێندن هێناوە. لەشۆڕشدا سەرباری بەجێهێنانی ئەرکەکانی خۆی وەك پێشمەرگە، ڕۆڵی مامۆستاشی لە خوێندنگەکانی لادێدا بینیوە.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بووە. لە تەموزی ئەو ساڵەدا ئێرانی بەجێ هێشتوەو گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردوە. لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕێکخستنەکاندا گێڕاوەو زۆر بە تەنگ لەبەرگرتنەوەی تیراژێکی زۆری بڵاوکراوە شۆڕشگێڕییەکانەوە بووە تاکو زۆرترین ئەندامانی ڕێکخستن دەرفەتی خوێندنەوەیان هەبێ. لەم ڕووەوە تایپی خوێندنگەی ناوەندیی کۆیەی بۆ تایپ کردنی بڵاوکراوەکانی شۆڕش بەکار هێناوە. ئەم کارە لەو سەردەمەدا کارێکی زۆر مەترسیدار بووە.

ساڵی ١٩٧٨ سەردانی قەندیلی کردو چاوی بە تاڵەبانی کەوت. هەر ئەو ساڵە پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکانی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ئاشکرا بون، بۆیە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە دەشتی کۆیە لە سنوری هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر بۆ جاری دووەم ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

لە سەرەتای ژیانی پێشمەرگایەتییدا لێپرسراوەتیی لە بواری ڕێکخستنو کاروباری سیاسیدا وەرگرتو وەك کادیر لە ناوچەکەدا هەڵسوڕا. پاش شەهیدبونی محەمەد مەحمود محەمەد باخ ناسراو بە شەماڵ فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆسرەت و سەرباز ئەحمەد


جێگری فەرماندەی تیپەکە لەگوندی باداوانی چناران لە دەوروبەری شارۆچکەی خەلەکان لە نیسانی ١٩٨٣، لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی تیپەکەی تا ئەو کاتەی سەرتیپێکی تازەی بۆ دیاری دەکرێ، پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا کە فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٩٣ی کۆیە بەهرەکانی لە بواری شەڕی پێشمەرگانەو بەڕێوەبردنی یەکەیەکی گەورەی وەك تیپ باشتر دەرکەوتن. هەر ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٥دا فەرماندەیی تیپی ٩٩ی بیتوێنی پێ بسپێردرێ.

لە٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧دا لە نزیك گوندی قەرەنگوێی دۆڵی جافایەتی لە کاتێکدا کە لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا سواری تراکتۆر ببوو، لە بۆسەیەکدا تەقەیان لێ کرا. لە ئەنجامدا لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا بە ناوی دڵزار قادرو رزگار عەلی شەهید کرا. دواتر هەرسێکیان لەگوندی شیوەشانی دەشتی کۆیە بەخاك سپێردران.

شەهیدبونی لە ناوچەیەکدا کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراقدا بووە، زۆر پرسیاری وروژاند. ئەو پرسیارانە تا ساڵی ١٩٩١ وەك پرسیاری بێ وەڵام مانەوە. لە ساڵی ١٩٩١دا لەڕاپەڕیندا پاش ئەوەی دەست بەسەر دیکۆمێنتەکانی دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی عیراقدا گیرا، هەموو گومان و تەمومژێك لەم بارەیەوە رەوییەوەو پرسیارەکان وەڵامی شیاوی خۆیان دەست کەوت. دەرکەوت شەهیدکردنی، پیلانێکی چنراوی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی پارێزگای سلێمانی بووە. پاش سەرگرتنی پیلانەکە، بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان راپۆرتێکی لەم بارەیەوە بۆ عەلی حەسەن مەجید ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستنی باکوری عیراق ناردووە، باسی سەرکەوتنی پیلانەکەی تێدا کردووە، ئەویش بەدەستخەتی خۆی دەستخۆشیی لەدانەرانو ئەنجامدەرانی پیلانەکە کردووە. دواتر، بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی پارێزگای سلێمانی بە نوسراوی ژمارە ١٤٦٨٧ی رێکەوتی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ هەواڵی دەستخۆشییەکەی عەلی حەسەن مەجید و دەستخەتە لەبەرگیراوەکەی بۆ هەموو لقەکانی ناردووە.

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بەبۆنەی شەهیدبوونیەوە دەریکردووە، بەمجۆرە باسی لەدەستدانی کردووە کە «ئەمجارە گەلەکەمان و شۆڕشەکەمان و یەکێتییەکەمان لە گەرمەی خەباتی سەخت و شۆڕشگێڕانەدا رۆڵەیەکی کارامە و فەرماندەیەکی پێشمەرگانەی ژیر و قارەمانێکی بەجەرگی لێ شەهید بووە».

## ئازاد خانەقینی



پێشمەرگەو هونەرمەند. ناوی تەواوی ئازاد وەهاب عەبدولرەحمان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی گەڕەکی پاڵاوگەی ئەڵوەن لە شاری خانەقین. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە خانەقین تەواو کردووە. دوا قۆناغی خوێندنی، ئامادەیی کشتوکاڵ بوو کە لە قەزای خالس تەواوی کردووە.

سەرەتای ژیانی هونەریی بۆ ساڵی ١٩٧١ دەگەڕێتەوە، کاتێك بۆ یەکەم جار لە تیمێکی مۆسیقادا وەك کۆرس بەشداریی لە ئاهەنگێکی گۆرانی وتندا کرد کەکرێکارانی کۆمپانیای نەوتی

خانەقین بەبۆنەی ساڵڕۆژی جیهانیی یەکی ئایارەوە سازیان کردبوو.

ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بەشدار بوو لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای خانەقین. دوای ئەوەی تیپەکە کاسێتێك گۆرانیی تۆمار کرد، ئەندامانی تیپەکە لە لایەن دەزگای ئەمنەوە گیرانو داوایان لێ کرا چیتر گۆرانی بە زمانی کوردی تۆمار نەکەن.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی لە ناوزەنگ دەست پێ کرد. پاشان لەتوژەڵە پەیوەندیی بەتیپی مۆسیقای شەهید کارزانەوە کردو لەوێ لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی بەتوانادا کاری کردو بە شێوەیەکی زانستی کەوتە خۆپێگەیاندن. بونی بە ئەندام لەو تیپە، بە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی هونەرییدا دادەنرێ. لەو ماوەیەی کە لەگەڵ ئەم تیپەدا کاری کردووە، چەند بەرهەمێکی دیاری پێشکەش کرد وەك سرودەکانی «ئاسودە بن» و «کەڵکی قەیوان» کە هەندێکی رۆژانە لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان پەخش دەکران.

ساڵی ١٩٨٩ بەشدار بوو لە فیستیڤاڵی هەڵەبجە لە شاری سەقزو بەرهەمی تازەی تێدا پێشکەش کرد.

لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا سرودە نیشتمانییەکانی رۆڵێکی کارایان لەبڵاوکردنەوەو پتەوکردنی گیانی خۆڕاگریو بەرگریدا بینیو لەو ماوەیەدا، لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تردا، توانی هونەر بخاتە خزمەتی مەسەلەی خەباتو شۆڕشەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا ساڵی ١٩٩٦ لێپرسراوی بەشی بەرنامە هەمەجۆرەکان بوو لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٧ یەکەم کۆنسێرتی تایبەتی خۆی لە سلێمانی بە ناوی «دیمانەی عاشقان» ساز کرد. هەر




ئەو ساڵە دامەزراندنی پڕۆژەی ئەرشیفی شۆڕشی پێشنیار کردو بەپشتیوانیی خاتوو هێرۆ برایم ئەحمەد توانی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بکا. لەم کارەدا هەزاران دیکۆمێنتی گرنگی دەربارەی راگەیاندنو دادگاکانو نەخۆشخانەکانو بێتەلەکانو چالاکییە هونەرییەکانو بڵاوکراوەکانو چالاکیو وێنەی پێشمەرگە کۆکردەوەو هەموی بەتازەترین رێوشوێنی زانستی لە ناو کۆمپیوتەردا پاراست.

ساڵانی ١٩٩٩و ٢٠٠٠ دوو ساڵی بەبرشتی تەمەنین. لە ساڵی ١٩٩٩دا هۆنراوەی «وەرزە ئاڵەکانی عەدەم»ی جەمال غەمباری کرد بە بەرهەمێکی هونەریو چەند گۆرانییەکی دیکەشی تۆمار کرد. ساڵی ٢٠٠٠یش بەشێکی ئەو دیکۆمێنتانەی تایبەت بە مێژوی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بون، لەدوتوێی کتێبێکی ٢٠٠ لاپەڕەیی قەوارە مامناوەنجیدا بە ناونیشانی «مادێنا: مێژوو و بیبلۆگرافیای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان ۱۹۷۵-۱۹۹۱» بڵاو کردەوە.

لە ماوەی نێوان ۲۰۰۳-۲۰۰٦دا جێگری بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بوو لە چوارتا. ماوەیەکی کەم پێش کۆچی دوایی، کرایە بەڕێوەبەری گشتی لە دەزگای شەهیدان. لە یەکی ئایاری ساڵی ۲۰۰٦ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

## ئازاد دەرەمیانەیی



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو فەرماندە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ناوی تەواوی مارف سابیر محەمەد. لەدایکبوی ساڵی ۱۹٥٦ ی گوندی دەرەمیانەی ناحیەی ناڵپاریز لە قەزای پێنجوێن. ساڵی ۱۹۷٦ لەگەڵ دەرکەوتنی هەوڵە بەراییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، لە گوندی ئاشقوڵکە کە بارەگای خالید سەعید، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی لێ بوو، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. لەوێوە گوێزرایەوە بۆ شارباژێڕ بۆ مەفرەزەکەی ئەنوەر مەجید سوڵتان. ساڵی ۱۹۷۷ گوێزرایەوە بۆ دەستەی شاسوار جەلال لە قەرەداغ. پاشان نێردرایە سەر سنوری عیراق- تورکیا و لەوێ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی لە دەڤەری شەمزینان لە ناو خاکی تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕێك چەك کە لە قامشلۆوە لە سوریا بە ناو خاکی تورکیادا بۆ هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نێردرا بوو. لە ساڵی ۱۹۷۸ دا کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ. ئەمەش یەکەم لێپرسراوەتی بوو کە لە ناو هێزی پێشمەرگە وەری بگرێت. لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بەشدار بوو لە شەڕی شێنێ لە ناوچەی سەرکردایەتی.

ساڵی ۱۹۷۹ گوێزرایەوە بۆ هەورامان و کرایە فەرماندەی کەرتی ۷ ی هەرێمی یەکی هەورامان.

ساڵی ۱۹۸۲ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپەکان، بە پلەی فەرماندەی کەرت گوێزرایەوە بۆ تیپی ۳۱ ی بەرزنجە. ساڵی ۱۹۸٦ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ۳۱ ی سلێمانی و هەر لەو ساڵەشدا لە قوڵی قەیوان و قوڵی خەمزە بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی قەیوان- ماوەت کە دەوروبەری سێ مانگ و نیوی خایاندوە.

ساڵی ۱۹۸۷ لە کاتی ئاڵوگۆڕی لێپرسراوەتییەکانی هێزی پێشمەرگەدا، چاوەڕوان بوو لێپرسراوەتیی فەرماندەیی تیپی ۳۱ ی سلێمانیی پێ بسپێردرێ، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکەیەوە فەرمانی دەستبەکاربونی وەك فەرماندەی تیپی ۷۸ ی کاروخ بۆ دەرچوو. ئەمەش نیگەرانی کردو وای کرد مۆڵەتێکی کراوە وەرگرێ و لە ئێران لە لای خزمەکانی لە شاری بانە لە ئێران جێگیر ببێ. بەڵام ساڵی دواتر گەڕایەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگەو لە گوندی بلەکێ، لەسەر سنوری عیراق- ئێران، کرایە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی یەك و لەو ماوەیەشدا سەرپەرشتیی تیپی ۲۳ ی سورداشی کرد.

ساڵی ۱۹۸۹ دوا بە دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تیپەکان و کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، کرایە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی ۷، ساڵی ۱۹۹۰ ئەرکی دابین کردنی پێداویستییە لۆجستیکییەکانی مەفرەزە پارتیزانەکانی گرتە ئەستۆ.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا بەپێی پلانی دانراو، لە پێنجوێنەوە تا کەرکوك بەشداریی لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکاندا کرد. ساڵی ١٩٩٢ کرایە فەرماندەی فەوجی ١ی لە لیوای ٢٣ ی هێزی هاوبەش و هەر ئەو ساڵە بۆ فەوجی ٢ ی لیوای هاوبەشی ٢٣ گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٩٦ بووە جێگری لەشکری شارباژێڕ- پێنجوێن. ساڵی ٢٠٠٠ بووە بەرپرسی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٣ بووە فەرماندەی فەرماندەیی پێنجوێن. ساڵی ٢٠٠٣ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*شێنێ (شەڕ).

*قەیوان- ماوەت (ئۆپەراسیۆن).

## ئازاد ڕەفیق چالاك



پێشمەرگەو کادیری بواری ڕاگەیاندنو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی سلێمانی. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو دواناوەندیی لە بەغدا تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٥ بە هۆی کارکردنی باوکی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڤێتێرنەریی بەغدا، ماڵیان بۆ بەغدا گواستۆتەوە. ساڵی ١٩٦٨ باوکی پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووەو ساڵی دواتر ماڵەکەشی لەگەڵ خۆیدا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش برد. هەر لەو ساڵەدا ئازاد خولی برینپێچیی دیوەو دواتر وەك برینپێچ لە نەخۆشخانەی ناوپردان کاری کردووە. پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، گەڕاوەتەوە بۆ بەغداو خوێندنی ناوەندیو دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە سلێمانی گیرساوەتەوەو هەر ئەو ساڵە لە بەشی ژمێریاریی پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی وەرگیراوە. لەوێ چۆتە ریزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا خوێندنی لە پەیمانگا تەواو کرد، ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

ساڵی ١٩٨١ گوێزرایەوە بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوزەنگو لەوێ ڕەوانەی بارەگای مەکتەبی ڕاگەیاندن کرا لەگوندی توژەڵە بۆ سود وەرگرتن لە شارەزاییی لە بواری زمانی عەرەبیدا. لە بارەگای ڕاگەیاندندا لە بەشی عەرەبیی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانو هەروەها لە گۆڤاری «خەنادق» وەك وەرگێڕ کاری کرد، سەرباری کارکردنی وەك تایپیست. لە ساڵی ١٩٨٢دا پەرەی بە چالاکییەکانی دا لە بەشی عەرەبیی ئێزگەدا و وەك بێژەرو دەرهێنەر کاری تێدا کرد. هەر ئەو ساڵە لە کۆبونەوەیەکدا بەسەرپەرشتیی تاڵەبانی لە ناوزەنگ، لەگەڵ هەر یەك لە یوسف زۆزانیو فایز یونس ناسراو بە ئەبو شەهابی عەرەب و هشیار عابد وەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی خولی چوارەمی ڕۆژنامەی «شەرارە» دیاری کرا.

لە ساڵی ١٩٨٦دا لە بەرگەڵوو لێپرسراوەتیی بەشی عەرەبیی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی گرتە ئەستۆ.

لە ساڵی ١٩٨٨دا لەگەڵ کشانەوەی هێزی

پێشمەرگە لە دۆڵی جافایەتییەوە بۆ سەر سنور، لەگەڵ ئەو تیمەدا بەرگەڵووی بەجێ هێشت کە دوایین تیمی مەکتەبی راگەیاندن بوو لە ناوچەکەدا. لەو ماوەیەدا دوو جار لە هێرشی چەکی کیمیایی دەربازی بووە، جارێك لە بەرگەڵوو و جارێکی تر لە کاتی کشانەوەدا لەگوندی شاناخسێ.

پاش کشانەوە، ماوەیەك لە دۆڵەکۆگەی قەندیل مایەوەو پاشان خۆی گەیاندە بارەگای تازەی ئێزگە لە چیای بەفری میری‌و گوندی دەرەتوێ لە هەورامان. پاش کۆتایی هاتنی شەڕی عیراق- ئێران، بەشداریی لە پرۆسەی گواستنەوەی ئێزگەدا کرد بۆ شاری پاوە لە ئێران. لە تشرینی یەکەمدا رۆڵێکی کارای لەدانانەوەو وەگەڕخستنەوەی ئێزگەدا گێڕا لە شاری سەقز.

لە ساڵی ١٩٨٩دا لێپرسراوەتیی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی گرتە ئەستۆو هەمان ساڵ کرایە ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن. لەو کاتەدا مەکتەبی راگەیاندن لەسێ ئەندام پێکهاتبوو کەبریتی بون لەموحسین عەلی ئەکبەر وەك سەرپەرشتیاری دامەزراوەی راگەیاندن، سەعدون یەدوڵلا شەفی وەك لێپرسراوی چاپخانەی برایم عەزۆو ئازاد چالاك وەك لێپرسراوی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٠ بەپێی رێنماییەکانی سەرکردایەتی، سەرپەرشتیی بەرنامەیەکی کارای کرد بۆ فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی سود وەرگرتن لەئێزگە لە کاتی راپەڕیندا بە باشترین شێوەو لەم سەروبەندەدا تیمێکی تەکنیکیی بۆ دانانی دەزگایەکی پەخشی ٤١ مەتری بۆ کاتی راپەڕین نارده گوندی زەڵێ، خۆیشی بۆ سەرپەرشتی کردنی بەرنامەکانی دەزگای پەخشی ٧٥ مەتری هەر لەسەقز مایەوە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بە هەوڵ و کۆشش و لەخۆبوردەیی لێپرسراوەکەی‌و کادیرەکانی رۆڵێکی گەورەی لە سەرخستنی پلانی راپەڕیندا بینی‌و ماوەیەك لەگردی عەلی ناجیی ناو شاری سلێمانی پەخشی کرد.

لە کاتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەدا ئێزگەکە لە سلێمانییەوە گوێزرایەوە بۆ ئەزمڕو لەوێوە بۆ سەقزو پاشان لەگەلاڵە گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو ساڵی دواتر لە سلێمانی لێپرسراوەتیی دامەزراوەی رادیۆو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی گرتە ئەستۆ. هەر لەو ساڵەدا لە بەشی شیکردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستاندا وەك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن کاری کرد. لە ساڵی ١٩٩٥ وەك ئەندامی دەستەی نوسەران بەشدار بوو لەدەرکردنی گۆڤاری «پێشمەرگە»دا کە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەری کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٧دا مافی پەنابەریی لە سوید وەرگرتو لەو وڵاتە نیشتەجێ بوو. لەو ماوەیەدا چەند نوسینێکی بە زمانی عەرەبی لەرۆژنامەی «مەناری کوردی» کە لە شاری لەندەن لە بریتانیا دەردەچوو، بڵاوکردەوە.

ساڵی ٢٠٠٢ گەڕایەوە بۆ کوردستان و چەند لێپرسراوەتییەکی وەرگرت وەك بەڕێوەبەری رادیۆی تورکمانی‌و بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەچوارتا. لە قۆناغی پێش روخانی رژێمی بەعس لەعیراق، لێپرسراوەتیی رادیۆی «دەنگی رزگارکردنی عیراق»ی گرتە ئەستۆ کە بەرنامەکانی بۆ ئەوە تەرخان کرا بوون کە سەربازو ئەفسەرانی سوپای عیراق هان بدەن لە رژێمی بەعس هەڵگەڕێنەوە.

ساڵی ٢٠٠٣ لەرۆژانی بەرایی روخانی رژێمی بەعسدا، لەگەڵ تیمێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا گەیشتە بەغداو بەشدار بوو لە دامەزراندنی

رادیۆو تەلەفزیۆنی «حورییە» لە بەغداو خۆیشی ئەرکی بەڕێوەبردنی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردراو لە ماوەی پەرلەمانتاربونی لەم ئەنجومەنە ئەندامی لیژنەی دەستپاکی بوو.

ساڵی ٢٠٠٩ پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد. ساڵی ٢٠١٠ کرایە سەرنوسەری رۆژنامەی «رۆژنامە»و ساڵی ٢٠١٢ لێپرسراوەتیی نوێنەرایەتی کردنی بزوتنەوەی گۆڕانی لە بەغدا پێ سپێردرا.

## ئازاد هەورامی*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی گەڕەکی زێوێی ئیمام قاسم لە کەرکوک. ناوی تەواوی ئازاد عەبدولمەجید عەبدولغەفار جەعفەر. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر ناوچەی هەورامان و نازناوەکەشی هەر لەوەوە هاتووە. ساڵی ١٩٥٣ بنەماڵەکەی لە تەوێڵەوە بۆ کەرکوك کۆچی کردو لە گەڕەکی ئیمام قاسم گیرسایەوە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کرد، بەڵام لەبەر هەڵسوڕانی سیاسیی نەیتوانی پۆلی شەشی ئامادەیی تەواو بکات. سەرەتای ساڵی ١٩٧٠، بووە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دواتریش بووە ئەندامی لیژنەی کەرکوک. لە ساڵی ١٩٧٣دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بوو بە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە بۆ کەرکوك و بەردەوام بوو لەسەر هەڵسوڕانی سیاسیی لە ناو کۆمەڵەدا.

دوا بە دوای ئاشکرابوونی بەشێکی زۆری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامان، خۆی لە دەزگا ئەمنییەکان شاردەوەو لە کۆیە گیرسایەوە. پاشان، دوا بەدوای گیرانی هەموو سەرکردەکانی کۆمەڵە، لەگەڵ هەر یەك لە شاسوار جەلال (ئارام)و مەلا بەختیار و عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر و سالار عەزیز بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان و سەرکردایەتیی دیفاکتۆی کۆمەڵە لە کاتی تەنگانەدا.

ساڵی ١٩٧٦ بوو بە پێشمەرگەو مەفرەزەیەکی سەرەتایی لە ناوچەی چەمی رەزان دروستکرد. ساڵی ١٩٧٧ پاش ئەوەی کە لە کۆبوونەوەکانی برادۆست بڕیار درا کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی لە نوێنەرانی کۆمەڵەی رەنجدەران و بزووتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك بهێنرێ، یەکێ لەو شەش نوێنەرەی کۆمەڵە بوو لە کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا. لە کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٧٨ی نۆکانیش بە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرایەوەو دواتریش خۆی و سالار عەزیز کران بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

هەروەها لە نۆکان، لە کۆبوونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەدا سەرکردایەتییەکی کاتی



بۆ کۆمەڵە دیاری کراو ناوەندێکی سێ کەسیش بۆ رایی کردنی کاروبارەکان دانرا کە لە هەردووکیاندا هەورامی ئەندام بوو.

لە ئۆپەراسیۆنی ساڵی ۱۹۷۸ی هەکاریدا، کاتێك هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان روویانکردە برادۆست بۆ دانانی بنکەو دواتریش چوونە ناو خاکی تورکیا بۆ وەرگرتنی ئەو برە چەکەی نیاز وابوو لەسوریاوە بگات، لە ۱۹ی حوزەیراندا کەوتە بۆسەی چەکدارە خێڵەکییەکانی ناوچەکە کە شێخموس کەرەڤان سەرکردایەتیی دەکردن و پاش شەڕێکی سەخت کە چەند سەعاتێکی خایاندو ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی تێدا شەهید بوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کادیرو لێپرسراودا بەدیل گیراو پاش چەند رۆژێك رادەستی تاقمی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا. هاوینی هەمان ساڵ توانی لە زیندان رابکات و خۆی بگەیەنێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی.

لە کۆبوونەوەی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۷۸ی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لە شێنێ، بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرایەوە.

ساڵی ۱۹۸۰ کرا بەلێپرسراوی لقی ۲ی کەرکوکی یەکێتی. ساڵی ۱۹۸۱ پاش ئەوەی کە لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵە، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵنەبژێردرایەوە، کرایە ئەندامی مەکتەبی رێکخستنی کۆمەڵە.

لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵە کە ساڵی ۱۹۸۲ لە ناوزەنگ بەسترا، بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و ساڵی ۱۹۸٤یش لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە لە مێرگەپان، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. ساڵی ۱۹۸۵ پاش ئەوەی کە دەزگای ناوەندیی رۆشنبیریی کۆمەڵە دامەزرا، کرایە لێپرسراوی دەزگاکە کە بارەگاکەی لە کانی توو بوو لە ناوچەی مەرگە. پاش ئەوەی تۆپباران کردنی بارەگاکانی مەرگە رووی لەزیادبوون کرد، بارەگای دەزگاکە برایە دۆڵی جافەتی و هەوەڵ جار لەگوندی هەڵەدن دانراو لە پایزدا بارەگاکە بۆ گوندی چالاوا گواسترایەوە.

سەرەڕای پەیوەندیی دێرین و بەتینی بە مەلا بەختیارەوە لە سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارەوە، پشتگیریی دامەزراندنی گروپی «ئاڵای شۆڕش» ی نەکرد و دژی جیابونەوە بوو لە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتدا شاڵاوی سەرکوت کردن و راونانی لایەنگرانی «ئاڵای شۆڕش»ی رەتکردەوەو بۆ دەربڕینی ناڕەزایی، دەستبەرداری لێپرسراوەتییە فەرمییەکانی بوو و بۆ ماوەیەك لە گوندێکی سەرسنور گیرسایەوەو بایکۆتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد. بەڵام زۆری نەبرد گەڕایەوەو دەستی بە کارکردن کردەوە.

دوای ئەوەی لە ۸ی تشرینی دووەمی ۱۹۸٦ لە تاران رێککەوتنی ئاشتی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆ کرا، ئازادیی کاری سیاسی لە کوردستان بۆ هەردولا هاتە ئاراوە. لەم چوارچێوەیەدا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بەرنامەیەکی گونجاوی بۆ قۆناغە تازەکە

داناو دەستی بە دابین کردنی پێداویستییەکانی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەڤەری بادینان کرد. لەم سەروبەندەدا بڕیار درا مەڵبەندی ٤ی بادینان پێك بهێنرێ و لێپرسراوەتیی مەڵبەندەکەش بە هەورامی بسپێردرێ. بەپێی پلانی دانراو، بڕیار درا هەورامی بۆ ماوەی یەك ساڵ لە بادینان بێ و لەو ماوەیەدا بناغەیەك بۆ شێوەی کارکردنی یەکێتیی نیشتمانی لە بادینان دابنێ.

پاش گەڕانەوەی لە بادینان لە ساڵی ١٩٨٧، بۆ ماوەی مانگێك لە دۆڵەکۆگە مایەوەو دواتر بۆ گوندی کونە کۆتری دۆڵی باڵەیان نێردرا بۆ پاراستنی ڕێگای ستراتیجیی نێوان دۆڵی باڵەیان و شوێنی گردبونەوەی هێزەکانی مەڵبەندی ٣ی هەولێر کە هێزەکانی عیراق هەڕەشەی گەمارۆدانیان لێ دەکرد.

لە ٣٠ی ئابی ١٩٨٨ دا فڕۆکەیەکی پیلاتۆز گوندەکە و بنکەکەی هێزی پێشمەرگەی دایە بەر موشەك، لە ئاکامدا هەورامی بە سەختی بریندار بوو. بەیانیی ڕۆژی دواتر، لە کاتی گواستنەوەی لە شێخ ئایشەوە بۆ گوندی ئالۆوتان، لە ڕێگا شەهید بوو.

ساڵی ٢٠١٨ ئەمیرە محەمەد کتێبێکی دیکۆمێنتاری ٥٨٤ لاپەڕەیی قەوارەی گەورەی بە ناونیشانی «ئازاد هەورامی کەرکوکییەکی کوردستانی» لەسەر ژیانی ئازاد هەورامی دەرکرد کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکارو هاوڕێکانی بیرەوەرییەکانی خۆیان لەگەڵی گێڕاوەتەوە لەوانە هاوسەرەکەی، شنۆ ئیسماعیل سادق ناسراو بە شنۆ شاسواری، خوشکەکەی، ژیان عەبدولمەجید غەفار، قارەمان عەسکەری، پشکۆ نەجمەددین، ڕەفعەت محەمەد یاسین، سابیر حەمە ساڵح ڕەسول ناسراو بە وەستا سابیر، ئەشرەف شەرەف نورولڵا تاڵەبانی، عەلی بچکۆل، ئەمین کەریم شەریف ناسراو بە مامۆستا شێرکۆ، حەسەن حەمید ڕەحیم ناسراو بە مام ڕۆستەم، هیوا چاوشین، ڕزگار عەلی حەمە جان، محەمەد خورشید، سامان گەرمیانی، موحسین عەلی ئەکبەر، نەرمین عوسمان. کتێبەکە تۆمارێکی گرنگە هەم بۆ دیکۆمێنت کردنی وردەکاریی ژیانی سیاسیی هەورامی هەم بۆ پەردە لادان لە ڕوی وردەکاریی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆمیتەی هەرێمەکان.

*نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

*کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

## پاشکۆ

### ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی شەهیدبونی ئازاد هەورامییەوە

ڕۆژی ٣١ی ئابی ١٩٨٨ سەرکردەیەکی تری جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان کاك ئازاد هەورامی شەهید بوو. گیانی خۆی کرد بە قوربانی لە خەباتی بێ وچان و خوێناویی گەلە چەوساوەکەمانداو خۆی گەیاندە کاروانی شەهیدانی نەمرو کەڵە پیاوانی ڕزگاریی کوردو کوردستان.

کاك ئازاد هەورامی لەم ڕۆژە سەخت و دژوارەی شۆڕش و کورددا شەهید بوو، نمونەو بەڵگەیەکی نەبەزی کۆڵنەدان و درێژە کێشانی شۆڕشی بەرجەستە کرد.

شەهیدی نەمر لە بناری قەندیل لە سێبەری لوتکەی گەردن کەشی کونە کۆتر ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی نەبەردەکانی ناوچەی باڵەییان و زنجیرە شاخی بیەی

دەکرد. فەرماندەی پێشمەرگە ئازاکانی تیپی ٥٥ی قەرەداغ و تیپی ١٧ی زمناکۆو تیپی ٥١ی گەرمیان و تیپی ٧٤ی باڵەك بوو. لەو نەبەردە سەختانەدا شەهید بوو کە بۆ بەرگری لەو زنجیرە شاخەو لە ناوچەی سەرشێخان بەرپا بوو بوو لە سێبەری جەنگی نابەرامبەری رژێمی فاشیستی رەگەزپەرستی عیراق دژی کوردو کوردستان.

پاش وەستانی جەنگی عیراق- ئێران و بوژانەوەی مەترسییە دێرینەکانی رێککەوتننامەی جەزایر لەسەر جولانەوەی گەلەکەمان، سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە راوێژ لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی، بڕیاری درێژەپێدانی خەباتی سیاسی، عەسکەری، ئیعلامیی جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمانی دوپات کردەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەڤاڵانی سەرکردایەتیی خۆی بۆ گەرم کردنی خەبات و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەو بڕیارە تەرخان کردو بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا دابەشی کردن تا راستەوخۆ سەرپەرشتیی بەرگری و نەبەردەکان بکەن.

کاك ئازاد هەورامیی نەمر یەکێك بوو لەو هەڤاڵانەی سەرکردایەتی کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی هێزەکان و چالاکییەکانی شۆڕشی لە دۆڵی باڵەییان و زنجیرە شاخی بیەی کەوتە ئەستۆ.

حوکمی خوێنڕێژی بەغدا بە وەستانی جەنگی عیراق- ئێران دەستبەتاڵ بوو و هەموو هێزەکانی خۆی بۆ لەناوبردنی شۆڕش و کوردو کوردستان خڕ کردەوە. هەر چی هێزو رق و کینەی شۆڤێنیستیی رژێمی رەگەزپەرستی عیراق هەیە، ئاراستەی کوردستان و گەلەکەمانی کرد. دەیان فیرقەی سەربازی، دەیان کەتیبەی تۆپ و کاتیۆشا، سەدان تانك و زرێپۆش و دەیان فڕۆکەی جەنگی و دەیان تەن چەکی کیمیایی بۆ ناوچەکانی خواکورك، بادینان، دەشتی هەولێر، ناوچەی شەقلاوە، هیران، نازەنین، دۆڵی سماقوڵی، دۆڵی بالیسان و ناوچەی رەواندز (دۆڵی مەلەکان و ئاکۆیان و گەرەوان) و بناری قەندیل و باڵەییان بەڕێ کرد. لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و کەرکوك رەشبگیر دەستی پێ کردو تیرۆر چاوی لە هەموو کوردێ زەق کردەوە. لە گوندەکان و شاخەکانیش بۆردومان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی پەرەی سەند، ئینجا بۆ گەمارۆدان و لەناوبردنی هێزەکانی شۆڕشی کورد هێرشی درندانەی عەسکەری لە سەرانسەری ئەو ناوچانە دەستی پێ کرد. جەنگی نابەرامبەر ئاگری سەند. هەزاران پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست بە چەکی سادە و توانای کەم لە تەك شاخەکاندا بوون بە کێو لە بەرامبەر سەدان هەزار سەربازو بالاترین و گەورەترین ژمارەی چەکی نوێ و هەمەجۆری دوژمنی فاشیست.

لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا هاوڕێ ئازادی نەمر ئەرکی سەرپەرشتی کردنی بەرگریی ئەو ناوچانەی کەوتە ئەستۆ. شێرانە لە دامێنی کونە کۆترو لە باوەشی سەرشێخان دا بارەگای فەرماندەیی خۆی لە تەك پێشمەرگەو لە پەنا جەبهەکانیدا دامەزراندو گورج و گۆڵ و بە وورەی گەنج و بە زاتی شۆڕشگێڕەوە ئەرکەکانی ئەنجام دەداو بە پێشمەرگەکانی دەوت:

رێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێ، با چوار دەورمان کڵپەی ئاگر بێ، لەم رێ پیرۆزە هەرگیز لانادەین، ئێمەین بۆ مردنیش ئامادەین.

تا لە رۆژی ٣٠ی ئابی ١٩٨٨دا سەعات ٦,٣٠ی ئێوارە فڕۆکەی دوژمن بۆردومانی بارەگاکەی کرد کە چەندین ئەندامی سەرکردایەتیی لەگەڵدا بوو و لەوێ لە نزیك پێشمەرگەکانی جەبهەکەیەوە پاش برینداربون و شەهیدبونی، چەندین رۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان بە خەستی بریندار بوون. بە پەلە گوێزرایەوە بۆ پشتی

جەبهە، بۆ نەخۆشخانەو لە ڕێگە عەسری ٣١ی ئاب گیانی پاکی بە شۆڕش و کوردو کوردستان و بە زەحمەتکێشان سپارد. لە ئاخەرین ساتی ژیان و خەباتدا تەنها وەسیەتی بە دەم سرودی ڕێی خەباتمانەوە ئەوە بوو «کە درێژە بە شۆڕش بدرێ و نا ئومێدی گۆڕ بکرێ».

جارێکی تر شەهید ئازاد ئەو ڕاستییە گەشەی خستەوە بەرچاو کە سەرکردەو فەرماندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرمەشقی خەبات و گیانبازین و لە ڕیزی پێشەوە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا سەنگەر لێ دەدەن و گیان دەبەخشن.

شەهیدی نەمر تێکۆشەرێکی لاو بوو بەڵام دەمێ ساڵ بوو لە کۆڕی تێکۆشان و پێشمەرگایەتیدا قاڵ بوو. ساڵەکانی حەفتاکان تێکۆشەرێکی پێشکەوتوی خەباتی قوتابیانی کوردستان بوو. لە سەرەتای حەفتاکانەوە هاتە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. تێکۆشەرو پێشمەرگەیەکی ژیرو دلێری شۆڕشی ئەیلول بوو. لە ساڵانی خەباتی نهێنی و زیندانیبون و پێشمەرگایەتیدا وەکو سەرکردەیەکی لێهاتوو کەوتبووە مەیدانی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیی کوردستانەوە. ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. بۆ ئازادی و ڕزگاری ژیاو شەهید بوو. تێکۆشەرو سەرکردەیەکی بلیمەت و هەست ناسك و هونەرمەند بوو، زۆربەی ئاوازی سرودە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە دەنگ و بەهرەی کاکە ئازادی نەمر کەوتنە بەر گوێی خەڵکی کوردستان.

شەهید ئازاد بە هەق تێکۆشەرو هونەرمەندو ژیرو قارەمان بوو. خەسارەتێکی گەورە بوو لە گەلەکەمان و لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لە زەحمەتکێشانی کوردستان کەوت، بەڵام بەڵگەی نەکوژاوەی بڵێسەی شۆڕش و درێژەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان، نەسرەوتنە تا مردن لەپێناوی ئازادی و ڕزگاریی گەلی کورد. بۆیە لەم کاتەدا کە بە سەد داخ و مەخابن سەرەخۆشی لە گەلی کوردو بنەماڵەو هەڤاڵانی شەهید ئازادی نەمر دەکەین، دڵنیاتر دەڵێین جوڵانەوەی گەلەکەمان، بەرگری لە کوردو کوردستان، خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادیی کورد نەك بەو هێزە زەبەندەی دوژمن کپ ناکرێ، بەڵکو تا هەلومەرج سەختتر بێ، گیانی بەرگری قایمترو بەزاتتر دەبێ و ئێمەش لەسەر تەواوکردنی ئەرکەکانی ئەو هەڤاڵە شەهیدانە سورترو بەگوڕتر دەبین.

نەمری بۆ شەهید ئازادی ژیرو قارەمان.

نەمری بۆ هەموو شەهیدانی گەلەکەمان.

بژی بەرگری و شۆڕش.

بمرێ دوژمنی فاشیست.

مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١٩٨٨/٩/١

تێبینی: بەیاننامەکە فەرەیدون عەبدولقادر نوسیویەتی.

## ئازادی (پرنسیپ)

پرنسیپێکی سەرەکیی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. پرنسیپەکە دوو دورنمای هەیە، یەکێکیان سیاسییەو ئەوی تر کۆمەڵایەتی. ئازادی بە مانا سیاسییەکەی سێ ئاست دەگرێتەوە. ئاستی یەکەم ئاستی ناوخۆییە کە تێیدا حزب لە ناوخۆدا شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ بیروڕا جیاوازەکان بەجۆرێك ڕێکدەخا کە

ڕێ لە سەرکوت کردنی بیروڕا جیاوازەکان بگرێ. لە یەکەم پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە دەستەی دامەزرێنەر لە کۆبونەوەی ئەیلولی ١٩٧٦دا پەسندی کردووە، جەخت کراوەتە سەر چەردەیەك ماف کە بۆ ئەندام سەلمێنراون لەوانە مافەکانی پێشنیارکردن، رادەربڕینو رەخنەگرتن لە سیاسەتو ئەندامانو جموجوڵی دامودەزگاکان. لەو روانگەیەشەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێی ماددەی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆ یەکگرتنێکی «ئارەزومەندانە»یەو شێوەیەکی «نیمچە بەرەیی» پێکدێنێ، لایەنە پێکهێنەرەکان ئازادیی گفتوگۆو پێشنیارکردن و رەخنەگرتنیان لە سیاسەتو ئەندامانو دامودەزگاکان «لە چوارچێوەی رێکخراوەکەدا» پارێزراوە.

ئاستی دووەم پەیوەست بە ئازادییە سیاسییە گشتییەکانە کەبەشێکی گرنگی چوارچێوە گشتییەکەی دیموکراسی دەگرێتەوەو بریتین لە ئازادیی رادەربڕین، خۆپیشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی حزبی سیاسی، هەڵبژاردنو هی تر. ئەمانەش لە حزبە دیموکراتییەکاندا بەشێکن لە ئامانجەکانی خەبات.

ئاستی سێیەم ئازادیی نەتەوەیی دەگرێتەوەو ئەم چەمکەی ئازادی لەو تێڕوانینەوە سەرچاوەی گرتووە کەقۆناغەکە قۆناغی رزگاریی نیشتمانییە، بۆیە پانتاییەکەی لە ستراکچەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا زۆر فراوانە. لەم سەروبەندەدا ئازادی لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە گەلی کورد لە رەوشێکدا بێ کە بتوانێ خۆی بەڕێوە بەرێو بەئازادی لەسەر خاکی خۆی بژی کە ئەمەش دۆخێکی وا دەگرێتەوە کە لە ئۆتۆنۆمییەوە بە مانا فراوانەکەی دەست پێ دەکا تا دەگاتە رادەی جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لێرەدا چەمکی «ئازادی» زۆر بە چڕی بە چەمکی ئازادیی نەتەوەییەوە بەستراوەتەوەو کەمتر بە چەمکەکانی تری ئازادییەوە بەستراوەتەوە.

لە ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ئەوەندەی کە جەخت کراوەتە سەر ئازادی بەمانا سیاسییەکەی، ئەوەندە جەخت نەکراوەتە سەر چەمکەکە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەیو لەم سۆنگەیەوە لە دیکۆمێنتە فەرمییەکاندا مەبەست لە «ئازادی» زۆرتر ئازادیی سیاسییە، هەرچەند ئەمە بەم واتایە نایەت کە ئازادی بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی بە تەواوی پشت گوێ خراوە.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراودا جەخت کرایە سەر «ئازادی» وەك پرنسیپێکی سەربەخۆو لەم جەخت کردنەدا زۆرتر دورنما سیاسییەکە بەرجەستە کراوە نەك دورنما کۆمەڵایەتییەکە. بەڵام پرۆگرام هەندێ ئاماژەی بۆ ئازادی بە مانا کۆمەڵایەتییەکە لەخۆ گرتووە، وەك ئەوەی لە پەرەگرافی «گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی»دا دەبینرێ کە تێیدا جەخت کراوەتە سەر «ئازادیی پێکەوەنانی خێزانو هەڵبژاردنی هاوسەر پاش تەمەنی ١٨ ساڵ».

دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی دووەم (٢٠٠١)و سێیەم (٢٠١٠) سەبارەت بە پرنسیپی «ئازادی» تێڕوانینی جیاوازیان لە تێڕوانینی دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی یەکەم تێدا نیە.

## ئازیانە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی باقی بارزانیی فەرماندەی کەرتی ٢و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق و جاش لە گوندی ئازیانەی بناری چیای دێدەوانی سنوری ناحیەی قوشتەپە لە ٧ی ئازاری ١٩٨٥ کە تێیدا

هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوە.

لە ٧ی ئازاری ١٩٨٥ دا مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کە ژمارەی پێشمەرگەکانی ٢٠ پێشمەرگە بوو، لایدایە گوندی ئازیانە کە لەو کاتەدا ٢٥ ماڵ بوو. لە پڕێکدا چەند هەلیکۆپتەرێك لە ئاسمانی ناوچەکەدا پەیدا بون و بە شێوەیەکی کتوپڕ گوندەکەیان دایە بەر موشەك و بە دۆشکا تەقەیان کرد. هۆیەکی دیاریکراو بۆ هێرشەکە نەبوو. هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر ئەوە نیە کە بونی هێزێکی پێشمەرگە لەناو گوندەکە، پاساوێکی بۆ هێرشە کتوپڕەکە پێك هێناوە، بەتایبەتی کە هەلیکۆپتەرەکان نەیاندەزانی گوندەکە پێشمەرگەی لێیە. دەستڕێژی سەرەتایی هەلیکۆپتەرەکان لە شوانێکی گوندەکە بوو لە دەوروبەری گوندەکەو ئەم هێرشە بووە مایەی کوژرانی شوانەکە.

لەم سەروبەندەدا پێشمەرگەکان بە ئارپیچی تەقەیان لە هەلیکۆپتەرەکان کردو شەڕێکی سەخت دامەزرا. لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕەکەدا، هێزێکی پیادەو جاش بە پاڵپشتی ١٠ تانك و شەش زرێپۆش پەلاماری گوندەکەیان داو شەڕەکە ئەوەندەی تر سەختتر بوو.

پێدەچێ سوپا بەرنامەی بۆ کێوماڵ کردنی ناوچەکە هەبوو بێ، چونکە هەر ئەو رۆژە، ماوەیەکی کەم پاش هێرش کردنە سەر ئازیانە، هێزەکانی سوپا بناری چیای دێدەوانیان کێوماڵ کردو گوندەکانی قەشقە، بەردەسپی، بانەمورد، گردەسۆر، مێرگەو نێرەگینیان پشکنی و لەگوندی قەشقە پێکدادان لە نێوان هێزەکانی عیراق و مەفرەزەیەکی پێشمەرگەدا رویداو پێنج پێشمەرگە لە پێکدادانەکەدا شەهید بون.

لە گوندی ئازیانە شەڕ تا شەو درێژەی کێشا. لەم شەڕەدا باقی بارزانی، فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێرو پێشمەرگەیەك بە ناوی موحسین حەمەد ساڵح حەمەد ئیلنجاغی شەهید بون.

پێشمەرگەکانی تر بە فەرماندەیی جەلال ئیلنجاغی، جێگری فەرماندەی کەرت، پاش بەرگرییەکی سەخت، لە تاریکیدا دەربازیان بوو. هێزەکانی عیراق زیانێکی زۆریان لە شەڕەکە لێ کەوت، ٣٠ سەربازو جاشیان لێ کوژرا و ئیڤا و زرێپۆشێکیان لێ تێك شکێنرا. زیانی گیانیی دانیشتوانی گوندەکە کوژرانی ٢ پیاوو ژنێك و منداڵێکی ساوا بوو.

## ئاژێر (بڵاوکراوە)


ئاژێر
گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی مانگانەیە ـ کۆمیتەی ڕێکخستنی کارگەکانی (ی.ن.ك) دەری دەکات ـ ژمارە (١) کانونی یەکەم ١٩٩٥

ساڵی نوێی ١٩٩٦ دەکەینە ساڵی ڕزگارکردنی کەرکوك و ڕوخانی دیکتاتۆر

ڕوانگەی ئاژێر

ساڵی نوێتان پیرۆز بێت

پیرۆزی کار لە جەستەی شەهید محمد شریف دا.

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیریی سیاسییە کۆمیتەی رێکخستنی کارگەکانی سەر بە مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٦ دەری کردووە. پەیامەکەی هۆشیارکردنەوەی کرێکارانی کارگەکان بووە لە ڕوی سیاسیو رۆشنبیرییەوەو لەم سۆنگەیەوە بڵاوکراوەکە چەند بابەتێکی سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤو شێوەی رێکخستنی کرێکارانی کارگەکان و کاری سەندیکاییو رۆڵی ژنان لە پرۆسەی بەرهەم هێنان گرتۆتە خۆ.

هەرچەند بڵاوکراوەکە بە شێوەی «گۆڤار» خۆی ناسیوە، بەڵام روخسارو دیزاینەکەیو شێوەی دابەزاندنی بابەتەکان مەرجەکانی «گۆڤار»ی پێ نابەخشن و زۆرتر لە پێوەرەکانی «بڵاوکراوە» نزیکی دەکەنەوە.

تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە یەك لەکانونی یەکەمی ١٩٩٥و ژمارە دوو لە ئازاری ١٩٩٦ دەرچووە. هەردوو ژمارە بەقەبارەی ٢١ بە ٢٩,٥ سم کە لە قەبارەی کاغەزی فولسکاب گەورەترە دەرچوون. ژمارەی لاپەڕەکانی هەر ژمارەیەك ٨ لاپەڕەیە. هەرچەند نیاز وا بوو بڵاوکراوەکە مانگانە دەرچێ بەڵام پێدەچێ ستافی سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکە توانای دەرکردنی مانگنامەی نەبوو بێ.

لیژنەی سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکە کە رۆڵی دەستەی نوسەرانی دیوە، لە چوار ئەندام پێك هاتووە کە ئەمانەن: جەزا سەید مەجید، هاوڕێ سیروان، شاهین حەمە رەزاو هۆشیار بەرزنجی.

دیزاینی بڵاوکراوەکە سادەیەو زۆر لە دیزاینی بڵاوکراوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی دەچێ. سەرباری وتار، بڵاوکراوەکە شیعرو چاوپێکەوتنو هەواڵو ژیاننامەی شەهیدانی بڵاوکردۆتەوە. بەشێکی بابەتە بڵاوکراوەکان، ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیار بە ناوی خۆیانو هەندێ جار بە ناوی خوازراو نوسیویانەو چەند نوسەرێکیش بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە خەلیل عەبدوڵلا ئەحمەد، ستار عەبدوڵلا، کیژان ئەحمەدو فوئاد عوسمان محەمەد نادر.

## ئاسۆس (شەڕ)

شەڕێکی شەش سەعاتییە لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق لە ١٣ی شوباتی ١٩٧٧، تێیدا ١٤ سەرباز کوژران و بریندار کران. لە ١٧ی هەمان مانگ دوژمن بە هەلیکۆپتەر هێزێکی زۆری لەسەر چیای ئاسۆس دابەزاندو لەم سەروبەندەدا لە سەرتیکان پێکدادان روویدا، لە ئاکامدا ٤ سەرباز کوژران.

## ئاسۆس (گۆڤار)




گۆڤارێکی وەرزیی رۆشنبیریی پێشمەرگانەی گشتییە، کۆمیتەی رێکخستنی لەشکری ئاسۆسی مەڵبەندی ٨ی رێکخستنی راپەڕینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٦ لە ڕانیە دەری کردووە. تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش لە حوزەیرانی ١٩٩٦.

محەمەد حاجی قادر خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەیەو بەکر سدیق سەرنوسەریێتی. دەستەی نوسەران لە بابەکر دڕەیی، جەعفەر رەسول، وەلی عومەر سەلیم، سلێمان عەبدوڵلا یونس، برایم ناودەشتیو حەمید عەبدوڵلا پێك هاتووە. گۆڤارەکە دەستەیەکی راوێژکارانی هەبووە، ئەندامەکانی سەربەست جیهاد، شازاد ئەنوەر، حسێن مەحمودو هەمزە گولانی بون.

گۆڤارەکە، وەك لە سەروتاردا دەردەکەوێ، بە مەبەستی «پێهەڵابردنی هۆشیاریی نیشتمانیی رێکخستنەکانی پێشمەرگەو جۆشدانیان لەسەر رێڕەوی دیموکراتیو مافی مرۆڤو تێگەیشتنی ئەرکە نیشتمانییەکان» دەرچووەو لەم سەروبەندەدا لە بابەتەکانیدا ئاورێکی شایستەی لە تایبەتمەندییە لۆکاڵەکانی دەڤەرەکە داوە.

گۆڤارەکە لەو روانگەیەوە کەگۆڤارێکی پێشمەرگانەیە، بایەخێکی تایبەتی بە کاروباری

پێشمەرگایەتی داوەو چەند بابەتێکی پەیوەست بەم مەسەلەیەی بڵاوکردۆتەوە وەك هونەری شەڕ، کاریگەریی هەلومەرجی جەنگ لەسەر پێکهێنانی حکومەتی سلێمانی لە سەردەمی شێخ مەحمود بەرزنجی، راپەڕینی ساڵی ١٩٨٦ی بنگرد، چالاکییەکانی تیپی ٤٣ی ئاسۆس لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، سەرباری دیمانەیەك لەگەڵ محەمەد حاجی قادر فەرماندەی لەشکری ئاسۆسو ناسینی دەستەواژەی «ستراتیج» لە فەرهەنگی عەسکەریدا.

گۆڤارەکە بایەخی بە کاروباری ئابوریش داوەو لەم سەروبەندەدا بابەتێکی دەربارەی دۆخی ئابوریی قۆناغی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان بڵاوکردۆتەوە، سەرباری بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێکی سیاسی لەوانە بابەتێك دەربارەی کاریگەریی فاکتەری نێودەوڵەتی لەسەر خەباتی گەلان بەگشتیو شۆڕشی کورد بەتایبەتی، بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. هەروەها ژیاننامەو پانۆرامای تێکۆشانی رەسول مامەندی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سێ هۆنراوەی بڵاوکراونەتەوە.

ئەوانەی لەگۆڤارەکە بابەتیان بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: هەمزە گوڵانی، بەکر سدیق، شازاد ئەنوەر، ئەحمەد دەروێش، وەلی عومەر سەلیم، بابەکر دڕەیی، جەعفەر عەلی رەسول، برایم ناودەشتی، عومەر حاجی برایم رۆستەم، ئەرسەلان حەسەن، سلێمان عەبدوڵڵا یونس، حسێن مەحمودو سەرپەل عەبدولواحید.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ٢٣ بە ١٦,٥ سم و لە دوتوێی ٥٦ لاپەڕە دەرچووەو لە هەولێر لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کراوە.

## ئاسۆس (تیپ)

تیپی ٤٣ی ئاسۆس. ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان دامەزراوەو یەکێ لەو تیپانە بوو کە سەر بە مەڵبەندی ٢ بوو. ناوی تیپەکە لە چیای ئاسۆسەوە هاتووە کە کەوتۆتە سەر سنوری نێودەوڵەتیی عیراق- ئێران. سنوری تیپەکە ناوچەیەکی فراوانی گرتۆتەوە کە لە لایەك لە ناحیەی بنگردەوە تا دەریاچەی دوکان درێژ بۆتەوەو لە لایەکی دیکەوە لە گوندی کەڵەکانەوە تا قەڵادزێ، سەرباری ئەوەی کە سنوری لە هەندێ شوێندا تێکهەڵکێشی سنوری چەند تیپێکی تر بووە.

تیپەکە چوار فەرماندەی بە خۆیەوە دیوە. یەکەم فەرماندەی تیپەکە، عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیمە کە پێشتر فەرماندەی قوەتی گەڵاڵە بوو و پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێم و قوەتەکان و پێکهێنانی تیپەکان، فەرماندەیی تیپی ٤٣ی ئاسۆسی پێ سپێردرا. لە سەردەمی فەرماندەیی عەبدولرەحیمدا، تیپەکە بەشداریی کارای لە چەندین چالاکی و ئۆپەراسیۆنی گەورەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پشتیوان لە ساڵی ١٩٨٢، قەندیل لە ساڵی ١٩٨٣ و دابان- هەلاج لە ساڵی ١٩٨٥. لە ساڵی ١٩٨٦دا هەندێ گۆڕانکاری بەسەر لێپرسراوەتییەکانی هێزی پێشمەرگەدا هات و لەم چوارچێوەیەدا عەبدولڕەحیم کرایە بەرپرسی دەزگای پێشمەرگایەتیی مەڵبەندی دوو لە گوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافایەتی و غەریب کونجرینی وەك فەرماندەی تیپی ٤٣ ی ئاسۆس جێی گرتەوە، بەڵام ئەو زۆر لەو لێپرسراوەتییە نەمایەوە. لە ساڵی ١٩٨٧دا نەبەز رەشید ئەحمەد وەك سێیەم فەرماندەی تیپەکە دەستبەکار بوو. ئەو لە تشرینی دووەمدا لە لایەن نۆکەرێکی رژێمی

بەعسەوە ژەهرخواردوو کراو بە پەلەپروزێ بۆ چارەسەر ڕەوانەی ئێران کرا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ دا جێگری فەرماندەی تیپ عوسمان شارستێنی، لە جێی نەبەز ڕەشید ئەحمەد، کرایە فەرماندەی تیپ. تیپەکە چەند ڕابەرێکی سیاسیی هەبوە لەوانە عەلی وەیسی و ڕەسول محەمەد ئەمین حسێن ناسراو بە مام ڕەسول. ژمارەیەك فەرماندەی کەرتیشی هەبوو لەوانە بەکر مەلا قادر، هەمزە شێنەیی و ئومێد قەرەنی.

تیپی ٤٣ی ئاسۆس یەکێ لە تیپە کاراکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووەو لەم ڕووەوە تۆمارێکی مایەی شانازیی هەیە. تیپەکە لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا توانایەکی زۆری بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق نیشان داوە لەوانە لە ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٧ی داستانی ڕزگاری و شەڕی زینوی سپی و هەروەها لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٨ی دۆڵی جافەتی لە چوارچێوەی بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالدا کە تێیدا تیپەکە بە فەرماندەیی عوسمان شارستێنی دلاوەرییەکی زۆری نواندووە و پێشمەرگەیەك و جێگرێکی فەرماندەی کەرتی لێ شەهید بووە. لە قۆناغی پاش شاڵاوەکانی ئەنفالیش، پێشمەرگەکانی تیپەکە بە شێوەی پارتیزانی لە ناوچەی مەرگەو دۆڵی جافایەتی درێژەیان بە ژیانی پێشمەرگانەی خۆیان داوە.

دوایین گەورەترین شەڕی تیپی ٤٣ی ئاسۆس، شەڕە گەورەکەی گوندی قەڵاتوکانە لە ناوچەی مەنگوڕایەتی لە هاوینی ١٩٨٨ کە تێیدا تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس و ٦٣ی جوتیاران و ٥٦ی گەڵاڵە پێکەوە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ بەرپەرچی هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی سوپای عیراقیان داوەو زیانێکی زۆریان پێ گەیاند. لە کاتی شەڕەکەدا بارەگای تیپەکە لە قەڵاتوکان بوو.

## ئاسۆس عەلی ئەحمەد



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٩ی گەڕەکی مامۆستایانی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٨٥ خراوەتە بەر خوێندن، ساڵی ١٩٩٨ قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، لە پەیمانگای تەکنیکی کشتوکاڵ لە کەلار وەرگیراوەو ساڵی ٢٠٠١ خوێندنی لەو پەیمانگایە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندیی بە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی ڕێکخستنی یەکێتیی خوێندکارانی حزبی لە خوێندنگە ئامادەییەکان پێ سپێردراوە. هەر ئەو ساڵە بۆتە نوێنەری یەکێتیی خوێندکاران لە کۆمیتەی هاریکاریی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران. ساڵی ١٩٩٨ بۆتە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی خوێندکاران و لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان. ساڵی ١٩٩٩ بۆتە بەرپرسی لقی گەرمیانی یەکێتییەکە. هاوکات، هەر ئەو ساڵە کراوەتە ئەندامی ناوچەی سلێمانیی حزب.

لە ماوەی نێوان ٢٠٠٤-٢٠٠٧دا پلە حزبییەکانی، لە ئەندامی لقی سلێمانیی حزب و لێپرسراوی ناوچەوە تا کارگێڕی لقی سلێمانیی حزب، یەك لە دوای یەك بڕیوە، لە ساڵی ٢٠٠٩دا بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی سلێمانیی حزب. ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بەدەست هێناوە.

ساڵی ٢٠١٤ لە کۆنگرەی هەشتەمی حزبی زەحمەتکێشان کە لە هەولێر بەستراوە، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوەو دواتر بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی.

ساڵی ٢٠١٦ بەشدار بووە لە پێکهێنانی ڕەوتێکی سیاسی لە ناو حزبی زەحمەتکێشان بە ناوی ئاراستەی یەکگرتن و پشتگیریی پرۆژەی یەکگرتنەوەی کردوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. دوای یەکگرتنەکە، بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن. ساڵی ٢٠١٨ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٦ی سۆرانی گرتە ئەستۆ. لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لە بازنەی سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و ساڵی دواتر لە هەڵبژاردنی بۆردی مەکتەبەکاندا بە لێپرسراوی بۆردی ڕێکخستن هەڵبژێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*ئاراستەی یەکگرتن (ڕەوتی سیاسی)

## ئاسۆ شێخ نوری



ئەندامی دێرینی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی ئاسۆ نوری ڕەزا بابا شێخ. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی سلێمانی. ساڵی ١٩٦١ خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی گۆیژەو ساڵی ١٩٦٤ قۆناغی ناوەندیی لە خوێندنگەی شۆڕش تەواو کرد.

ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو لەو ڕێگەیەوە بوو بەئەندام لەپارتی دیموکراتی کوردستان. لە کاتی سەرهەڵدانی قەیران لە ناو پارتیدا لە ساڵی ١٩٦٤، پشتگیریی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد. ساڵی ١٩٦٩ لە چاپخانەی ڕزگاری لە سلێمانی کاری کردو سەرپەرشتیی چاپکردنی گۆڤاری «ڕزگاری»ی کرد.


ساڵی ١٩٧٠ پاش ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان، پەیوەندیی پێوە کرد. بۆ ساڵی دواتر وەك کارمەند لە شارەوانیی سلێمانی دامەزراو لە ساڵی ١٩٧٣دا کرایە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی سلێمانیی کۆمەڵە.

لە ساڵی ١٩٧٤دا بوو بەئەندام لەکۆمیتەی ئەستێرەی سوور کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی لە هەموو شارەکان پێ سپێردرابوو، بۆ ساڵی دواتر بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە.

لە شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکان بۆ سەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، لە ١٨ی ئابی ١٩٧٥ دەستگیر کرا و لە ٢٠ی ئەیلولدا گوێزرایەوە بۆ کەرکوك و لە ٢٠ی تشرینی یەکەمدا گوێزرایەوە بۆ بەغدا، لەنیسانی ١٩٧٦ لەگەڵ هەڤاڵەکانی تردا بۆ زیندانی فزێلیە گوێزرایەوە. لە ١١ی تەموز دادگای سەورە فەرمانی لەسێدارەدانی سکرتێری کۆمەڵە شەهاب شێخ نوری و ئەنوەر زۆراب و جەعفەر عەبدولواحیدی داو زیندانیی شەش ساڵیشی بەسەر ٢٠ گیراوی تردا سەپاند، لەوانە ئاسۆ شێخ نوری.

لە زینداندا ویستی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکا، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی زیندان ڕەزامەندیی لەم بارەیەوە نیشان نەدا.

لە ئابی ١٩٧٩ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کراو لە ٢٠ی تشرینی یەکەمدا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لە نیسانی ١٩٨٠دا کرایە ڕابەری سیاسیی هەرێمی ١ی هەورامان. لەکانونی یەکەمدا لە زەڵێ گیرسایەوەو سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی کرد لە ناوچەی سەرکردایەتی. ساڵی ١٩٨١ یەکەم کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵەی بە ناوی کەرتی شەهید ئازادی مەلاوە دامەزراند.




ساڵی ١٩٨١ پاش کۆنفرەنسی یەکی کۆمەڵە، لێپرسراوەتیی لقی یەکی سلێمانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٣ پاش هەڵوەشاندنەوەی لقەکان، بووە ئەندامی مەڵبەندی ١ی سلێمانی و لە ئەیلولی ١٩٨٤ بووە لێپرسراوی ڕێکخراوی ٥ی کۆمەڵەو لە ساڵی ١٩٨٦دا بووە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ.

لە ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٨٧ کرایە لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە شاری پاوەی ئێران و بۆ ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ ئۆفیسی پەیوەندییەکانی تاران. پاشان کرا بە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە قاسمە ڕەش.

ساڵی ١٩٩١ کرا بەلێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە پاوەو مەریوان. پاش ڕاپەڕین کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی و پاشان بوو بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند.

لە ساڵی ١٩٩٣ بەدواوە پۆستی فەرمیی لە حکومەت وەرگرت، سەرەتا کرا بە قایمقامی قەزای شارباژێڕ، لە ١٩٩٦دا بوو بە جێگری پارێزگاری سلێمانی و لە ٥ی نیسانی ٢٠٠١ بوو بە پارێزگاری سلێمانی.

ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا دەزگای واڵاپرێسی بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە دامەزراندو هەمان ساڵ بوو بە ئەندامی لیژنەی باڵای ڕێکخستنەکان لەمەکتەبی ڕێکخستن. لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

یەکێ لە دیارترین چالاکییە ڕۆشنبیرییە-دیکۆمێنتارییەکانی، ئەو چاوپێکەوتنە تێرو تەسەل و دورو درێژەیە کە ڕۆژنامەنوس محەمەد مێرگەسۆری لەگەڵی سازی کردووە دواتر بەش بەش لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاوکراوەتەوەو لە ساڵی ٢٠١٣دا لە لایەن ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانەوە بە شێوەی کتێبێکی ٢٦٠ لاپەڕەیی قەوارە گەورە بە ناونیشانی «تروسکاییەك لە شەوەزەنگدا: گێڕانەوەی مێژوی شۆڕشێك» چاپ کراوە.

چاوپێکەوتنەکە زانیاریی پڕ بەهاو گرنگی لەسەر چەند بابەتێکی هەستیار گرتۆتە خۆ لەوانە قۆناغی بەرایی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەستگیرکردنی شەهاب شێخ نوری و سەرکردەکانی تری کۆمەڵە لە ئێران، پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکان و دەرکردنی ڕاپۆرتی شوبات، ململانێکانی ناو کۆمەڵە، ڕۆڵی نەوشیروان مستەفا لە پتەوکردنی ڕۆڵی کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیدا، قەیرانی «ئاڵای شۆڕش»، قۆناغی پارتیزانی و بابەتی تر. ئەم چاوپێکەوتنە، بەو ناواخنە چڕوپڕە، بە دیکۆمێنتێکی گرنگ بۆ تێگەیشتنی ڕەوتی ڕوداوەکان دەژمێردرێ.

## ئاسۆ مامەند ئیسماعیل



فەرماندەو ئەندامی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی قەرەبەگ لە ناوچەی سەرگەڕان لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٧٠ لە گوندەکەی خۆی چووە خوێندنگەی سەرەتایی و ساڵی ١٩٧٧ لە شارۆچکەی پردێ دەستی بە خوێندنی دواناوەندی کردو هەر لەوێ تا شەشی ئامادەیی خوێند.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٨٢ لە دەشتی هەولێر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەستپێکرد. لە کەرتی ٦ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیی جێبەجێکردو بۆ ساڵی دواتر بووە فەرماندەی مەفرەزە.

ساڵی ١٩٨٥ بە پلەی فەرماندەی مەفرەزە بۆ تیپی تایبەتی مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە وەرتێ گوێزرایەوەو لە ساڵی ١٩٨٧دا بووە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی. ساڵی ١٩٨٨ بووە فەرماندەی تیپ.

ساڵی ١٩٨٩ بۆ ماوەی شەش مانگ بە پارتیزانی لە سنوری بەڕانەتی و هەولێر مایەوە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی دەیان چالاکی و نەبەردی پێشمەرگانەی لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر، باڵەکایەتی، دەشتی قەراج و کەندیناوا کردووە و لەو ماوەیەدا ٦ جار بە سەختی بریندار بووە. ساڵی ١٩٩٠ لە ئەڵمانیا گیرسایەوەو پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ کوردستان. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠١، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ماوەی نێوان ٢٠٠٢- ٢٠٠٣ لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی گەرمیان بوو. لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ لێپرسراوی مەڵبەندی موسڵ بوو. لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی دوبزی گرتە ئەستۆ.

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو دواتر کرا بە ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی و لە مانگی نیسانی ٢٠١٠ کرا بەلێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر. ساڵی ٢٠١٢ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٢ی کەرکوکی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٩، لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لەسەر بازنەی کەرکوک بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٢٠ لە پرۆسەی هەڵبژاردنی لێپرسراوی مەکتەبەکاندا، بە لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردن هەڵبژێردرا.

## ئاسۆی دەلاک*



پێشمەرگە. ناوی تەواوی حەسیب عومەر سابیر. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی. بە بنەچە خەڵکی گوندی گەبەی سنوری شارۆچکەی پیرەمەگرونەو باپیری بە گەنجی لە سلێمانی گیرساوەتەوە.

ساڵی ١٩٦٣ چۆتە خوێندنگەی خالیدیە لە سلێمانیو تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندویەتی. پاش وازهێنانی لە خوێندن، دەستی بە پیشەی سەرتاشی کردووەو لەوەوە نازناوی دەلاکی بۆ ماوەتەوە چونکە لەو سەردەمەدا بە سەرتاش وتراوە دەلاک.

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٦ کاتێك ناوی بۆ خزمەتی سەربازی هاتەوە، نەچوو بۆ سەربازیو بووە پۆلیس. ماوەیەك لە سلێمانی پۆلیسیی کردووەو پاشان بۆ سەنگەسەر گواستراوەتەوە. لە ئازاری ١٩٧٧دا خۆیو چەند پۆلیسێك بە یانزە تفەنگەوە سەنگەسەریان بەجێ هێشتو چونە گوندی سیوەیس و لەوێوە چونە گوندی سورەدێ لە چیای قەندیلو لەوێدا پەیوەندییان بە هێزەکەی عەلی عەسکەرییەوە کرد. بۆ ئەو رۆژگارە کە پەیداکردنی چەك تێیدا یەکێ لەگرفتە سەرەکییەکانی پێشمەرگایەتی بوو، ئەو یانزە تفەنگەی ئەوو هاورێکانی بۆ ناو هێزی پێشمەرگەیان برد، رووداوێکی زۆر گەورە بوو. هەر ئەو ساڵە، بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە گەڕایەوە بۆ سلێمانی، بەڵام لە ناو شار دەستگیر کرا. پاش ٤٠ رۆژ لە سۆنگەی لێبوردنی گشتییەوە کە رژێمی بەعس بۆ پێشمەرگەی دەرکردبوو، ئازاد کرا.

پاش ئازادکردنی بەچەند رۆژێك، سەربازێکی چەك کردو بە چەکەوە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ بۆوە بە پێشمەرگە. ئەم کارە دەزگا ئەمنییەکانی وروژاندو وای لێ کردن باوكو برایو سێ خوشکی بگرن. ئەگەرچی براو خوشکەکانی زوو ئازاد کران بەڵام باوکی بۆ سەماوە دور خرایەوەو لەوێ خرایە زیندانەوەو دواتر، پاش نۆ مانگ مانەوە لە زیندان، بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

لەو ماوەیەدا ئاسۆی دەلاك لە سۆنگەی هەڵسوڕان و کردەوە شۆڕشگێڕییەکانی لە ناو شاری سلێمانی، ببوو بە ئەفسانە. دەزگا ئەمنییەکان بڕی ٣٠ هەزار دیناریان بۆ کوشتن یان بەگرتنی تەرخان کردبوو. لە٦ی ئەیلولی ١٩٧٩دا دەلاك لە ناو شاری سلێمانی لە هەلومەرجێکی نادیاردا کەوتە داوی دەزگا ئەمنییەکانو شوێن بزر کرا. پاڵەوانێتییەکانی لە ناو شاری سلێمانی، وایان کردووە وەك پاڵەوانی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان تەماشا بکرێ.

## ئاشتی (پرنسیپ)

یەکێ لە سەرەکیترین ئامانجەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بانگەشەکردن بۆ ئاشتیو کەلتوری ئاشتیخوازی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیدا، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە. لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەرفەتێکی لەبار بۆ بانگەشەکردن بۆ ئاشتیو کەلتوری ئاشتیخوازی لە ئارادا نەبوو، چونکە ئامانجی سەرەکی لەو قۆناغەدا لە بنەڕەتدا دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بووە. بە هۆی ئەمەوە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کاتێکدا کە زۆر جەختی کردۆتە سەر رێوشوێنی شۆڕشگێڕانە بۆ بەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکان، هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئاشتیو رێوشوێنی ئاشتییانەی خەبات تێدا نیە. بەکردەوە، لەسایەی حوکمڕانیی حزبی بەعسدا هیچ دەرفەتێك بۆ خەباتی ئاشتییانە لە کوردستاندا لە ئارادا نەبوو. بۆیە لەم قۆناغەدا خەمی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بوو لە کوردستانداو لەم رووەوە زۆرتر جەخت کراوەتە سەر خەباتی چەکداری درێژخایەن بە پشت بەستن بە جەماوەری شۆڕشگێڕ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای بایەخدانی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانی بە پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، بڵاوکراوە فەرمییەکان چەردەیەك ئاماژەی گرنگیان بۆ ئاشتیو کەلتوری ئاشتیخوازی تێدا بەدی دەکرێ، وەك لە چەند وتارێکی رۆژنامەی «شەرارە»دا دەردەکەوێ.

بەم پێودانگە، شەراره لە ساڵی ١٩٧٦دا بەشدارییەکی کارای لە هەڵمەتێکی جیهانیدا کردوە بۆ رزگارکردنی گیانی حەوت کادیری سەرکردەیی کە رژێمی شای ئێران رادەستی رژێمی بەعسی کردبونو هەڕەشەی لەسێدارەدانیان لەسەر بوو. ئەو حەوت کادیرە ئەمانە بون: شەهاب شێخ نوری، فەرەیدون عەبدولقادر، جەعفەر عەبدولواحید، عەلی بچکۆل، ئاوات عەبدولغەفور، ئەرسەلان بایز و عومەر سەید عەلی.

هەروەها شەراره وتارێکی لەسەر برایەتیی کوردو ئاشورییەکان بڵاو کردەوەو ئەوەی تێدا بەبیر هێنایەوە کە پاش جەنگی یەکەمی جیهان، شاندی کوردو ئەرمەن لە کۆنفرەنسی ئاشتیی ڤێرسای بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی هەردوو گەل هاوکاریی یەکتریان کردووە. هەروەها وتارەکە سەرزەنشتی تیرۆرکردنی مار شەمعونی سەرکردەی ئاشورییەکانی کردووە، کارەکەی بە «تاوان» ناو بردووەو داوای کردوە برایەتیی نێوان کوردو ئاشورییەکان تۆکمەتر بکرێو دان بە مافە نەتەوەییو دیموکراتییەکانی ئاشورییەکاندا بنرێ.

بە شێوەیەکی گشتی، لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا پێداویستییەکانی خەباتی چەکدارو گیانی شۆڕشگێڕانە کارێکی وایان کردبوو پەرەدان بە شەپۆلی شۆڕشگێڕانەو بەرپەرچدانەوەی دکتاتۆریی رژێمی بەعس و داموو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی لە پێشی پێشەوەی ئەرکە هەنوکەییەکان بێ.

لە ساڵانی هەشتاکاندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕەوتی سیاسەتە گشتییەکەیدا لە چەند بۆنەیەکی دیاریکراودا ناوەڕۆکی چەمکی ئاشتیی بەرجەستە کرد. ساڵی ١٩٨٠ بە شێوەیەکی فەرمی دژی هێرشی عیراق بۆ سەر ئێران وەستایەوەو ئەم کارەی بە «دەستدرێژی» ناو برد. ساڵانی دواتر، بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییە کرد کە رژێمی بەعس سەرقاڵی دوو جەنگە، یەکێکیان لە کوردستاندا لە دژی گەلی کوردو ئەوی تر لە دژی ئێرانو لەم سەروبەندەدا بانگەشەیەکی چڕی دژی کەلتوری جەنگو دەستدرێژی بەرپا کردو لەم رووەوە پشتگیریی تێزی راگرتنی شەڕو روخاندنی رژێمی عیراقی کرد. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٤دا نەرمییەکی زۆری بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ڕێی دایەلۆگەوە نیشاندا، شەڕی راگرتو بە درێژایی ساڵێکی رەبەق سەرقاڵی وتووێژێکی ناکام بوو لەگەڵ رژێمی عیراقدا. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٦دا بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکانی لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستانو پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) و پاشان، بە هاوکاریی ئێران، کێشەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان چارەسەر کردو دواتریش لە ساڵی ١٩٨٧دا پرۆتۆکۆلی ئاشتیی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق واژۆ کرد. لە کۆتاییشدا پێشنیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانیی کرد بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان لایەنە کوردستانییەکان و هێنانە کایەی مەرجەعیەتێك کە بتوانێ نوێنەرایەتیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کورد بکات.

چەمکی ئاشتی چەردەیەك بەهای دیاریکراو دەگرێتەوە کە ڕۆڵێکی کارایان لە بڵاوکردنەوەی کەلتوری ئاشتیخوازانەدا هەیە. چەمکی ئاشتی خۆی لەچەند بەهایەکدا دەبینێتەوە وەك چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێوشوێنی ئاشتییانەو وتوویژو دایەلۆگو لێك تێگەیشتن، رەتکردنەوەی دەستدرێژیو جەنگ، هێنانە کایەی پەیوەندیی دور لە ململانێو کێشمەکێش، ئاشتەوایی، پێکەوە ژیان، هاوکاری، رەتکردنەوەی پەراوێزخستنو زوڵمو زۆرو ستەمکاری، دەستەبەرکردنی داد، لێبوردەیی، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو دابەشکردنی سامان، دابین کردنی هەلی یەکسان بۆ هەموان، دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، سەروەریی یاسا، بڵاوکردنەوەی کەلتوری فرەییو

بەرپەرچدانەوەی تیرۆر.

لە سەرەتای ساڵانی نەوەددا، لەگەڵ هەرەس هێنانی سیستمی جیهانیی بنیاتنراو لەسەر بنەمای دوو جەمسەری زلهێزو پەرەسەندنی رەوتی پەیوەندییەکان لەگەڵ رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیونالیستدا، لە پێکهاتەی فیکریی یەکێتیی نیشتمانیدا جێیەکی شایستەتر بۆ بەها سۆسیال دیموکراتەکان فەراهەم کراو ئەمەش هەلێکی وای رەخساند کە بەهاکانی ئاشتی بە جۆرێکی شیاوتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ.

کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بە هەنگاوێکی گرنگ بۆ لەخۆگرتنی چەمکی ئاشتی دادەندرێ. لەبەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمدا، ئاشتی وەك پرنسیپێکی سەربەخۆ دەرناکەوێ بەڵکو بە مەسەلەی هاوکاریو پێکەوە ژیانی گەلانەوە بەستراوەتەوەو هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بە ئامانجێکی سەربەخۆ دابندرێ. لە ماددەی یەکەمی بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەدا لە رەوتی دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکاندا، ئاشتی هەرچەند ناوی دێ بەڵام ئامانجێکی دیاریکراو پێکناهێنێ. ماددەکە دەڵێ «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناوی دیموکراسیو ئازادیو یەکسانیدا دژی دیکتاتۆریو جەنگو دەستدرێژی، دژی چەوساندنەوەی نەتەوەییو چینایەتیو دینیو دژی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، دژی شۆڤێنیزمو تیرۆرو کۆنەپەرستی، لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسینو هاوکاریو پێکەوە ژیانی گەلان بەئاشتیو تەبایی». بە هەمان پێودانگ، پەیڕەوی ناوخۆ لە پێناسەی یەکێتیی نیشتمانیدا لە ناوهێنانی ئاشتیدا بە هەمان شێوەی بەرنامە مەسەلەی ئاشتی بەچەمکی هاوکاریو پێکەوە ژیانی گەلانەوە دەبەستێتەوە.

شێوەی مامەڵەکردنی بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم لەگەڵ چەمکی ئاشتیدا دوو ئاست دەگرێتەوە. لە ئاستی یەکەمدا چەمکی ئاشتی وەك پرنسیپو ئامانجێکی سەربەخۆ ناوی نایەت، بەڵکو زۆرتر وەك ماناو ناوەڕۆك ناوی دێ. بەم پێیە، لە دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکانو ئامانجە سیاسییە گشتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیدا چەردەیەك دەستەواژە بەکار هێنراون کەبەشێك لە بەهاکانی ئاشتی پێکدێننو بە ڕونی گوزارشتی لێ دەکەن وەك دەستەواژەکانی یەکسانی، بەرپەرچدانەوەی دیکتاتۆری و جەنگو داگیرکردنو دەستدرێژی، دژایەتی کردنی چەوسانەوەو پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤو شۆڤێنیزم و تیرۆر، بانگەشە بۆ مافی چارەی خۆنوسینو هاوکاریو پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی گەلان، تەبایی، جێبەجێ کردنی جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤ، سەروەریی یاساو دابین کردنی مافی کەمینەکان. ئەم بەهایانە بە ناوەڕۆك بە شێوەیەکی قوڵ گوزارشت لە مانای چەمکی ئاشتی دەکەن.

لە ئاستی دووەمدا، وەك لە پێنجەم و شەشەم ئامانجی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە، وەك ئاماژەیەك بۆ رەواندنەوەی دۆخی جەنگو قەدەغەکردنی دەستدرێژی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو دەستەبەرکردنی پەیوەندیی دور لە ململانێ، مامەڵە لەگەڵ چەمکی ئاشتیدا کراوە. لە خاڵی پێنجەمی ئامانجە گشتییەکاندا هاتووە کە «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکا بۆ چەسپاندنی ئاشتیو ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتیو لە جیهاندا بە گشتی، لەسەر بناغەی دراوسێتیی باشو بەرژەوەندیی ناوکۆییو بە ئاشتیو بەخۆشی پێکەوە ژیانو دەست وەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکانو رێزگرتن لە سەربەخۆیی دەوڵەتەکان». لە خاڵی شەشەمیشدا هاتووە کەیەکێتیی نیشتمانی «خەبات دەکا لەپێناوی نەهێشتنی چەکی

کوشتنی بەکۆمەڵ». بە هەمان ئەم پێودانگە لە بڕگەی تایبەت بەچارەی کێشەی نەتەوایەتی، ئاشتی لەپاڵ رزگاریو دیموکراسی، یەکێ لە ئامانجەکانی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ هێزە ئازادیخواز و دیموکرات و سۆسیالیستەکانی جیهاندا.

سەبارەت بە دیاریکردنی پێگەی چەمکی ئاشتی لە پێکهاتەی فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کۆنگرەی دووەم کەساڵی ٢٠٠١ لە سلێمانی بەستراوە، بەگرنگترین وێستگە لەم بارەیەوە دادەندرێ. کۆنگرە ئاشتیی بەیەکێ لە سەرەکیترین ئامانجەکانی یەکێتیی نیشتیمانی دانا. پڕۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرە ئاشتیی لە پێشی پێشەوەی هەموو ئامانجەکانی یەکێتیی نیشتمانی داناوەو لە دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکاندا بەمجۆرە پێگەی ئاشتیی دیاری کردوە:

«یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناوی:

یەکەم: ئاشتی، دیموکراسی، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەلآیەتی، دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی، چەسپاندنی یاسا، بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین، هاوکاریو پێکەوە ژیانی گەلان بەئاشتیو تەبایيو وەکیەکیو تێدەکۆشێت لە دژی دیکتاتۆری، جەنگ، داگیرکردن، دەستدرێژی، چەوساندنەوە، هەلآواردنی چینایەتی، رەگەزی، جنسیو پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، شۆڤێنیزم، کۆنەپەرستیو تیرۆریزم».

لە ئامانجە گشتییەکانی تردا چەردەیەك ئامانج بە ناوەڕۆكو مانا گوزارشت لە وردەکاریی چەمکی ئاشتی دەکەن لەوانە جێبەجێ کردنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین، قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی سیاسەتی جینۆساید. لە دوو خاڵیشدا وەك ئاماژەیەك بۆ رەواندنەوەی دۆخی جەنگ لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، جەخت کراوەتە سەر چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکەو جیهاندا (ئامانجی پێنجەم) و نەهێشتنی چەکی کۆکوژو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی (ئامانجی شەشەم). لە ئامانجە سیاسییەکانیش زۆرتر جەخت کراوەتە سەر لێك جیاکردنەوەی دەسەلآت و سەروەریی یاساو دابین کردنی ئازادییە گشتییەکانو دەستەبەرکردنی مافی کەمینەکان.

بەهەمان پێودانگ، پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دووەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەمجۆرە ناسیوە کە «رێکخراوێکی سیاسیی سۆشیالیست و دیموکراتە، لەپێناوی ئاشتیو دیموکراسیو ئازادیو یەکسانیدا، دژی دیکتاتۆریو جەنگو داگیرکردن و دەستدرێژیو چەوسانەوەی نەتەوایەتیو چینایەتیو ئاینیو مەزهەبیو پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤو پاکتاوکردنی نەژادیو شۆڤێنیزم و تیرۆرو کۆنەپەرستی، لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسین و هاوکاریو پێکەوە ژیانی گەلان بەئاشتیو تەباییو وەکیەکی، تێدەکۆشێت».

لە کۆنگرەی سێیەمدا کە ساڵی ٢٠١٠ لە سلێمانی بەستراوە، پڕۆگرامی پەسندکراو بە وردەکارییەکی زۆرترەوە جەختی کردۆتە سەر پرنسیپی ئاشتیو بەم پێیە لە دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکاندا ئاشتی پێش هەموو ئامانجە گشتییەکانی تر کەوتووە. سەربار ، لە ریزبەندیی ئامانجە گشتییەکاندا چەند پرنسیپێکی تر بۆ ئامانجە گشتییەکان زیاد کراون کە لە ناوەڕۆکدا مانای ئاشتی دەدەن وەك لێبوردەیی، مافی هاووڵاتیبون، سیستمی سکولارو ئازادیی ویژدان. پڕۆگرام لە بڕگەی تایبەت بەئامانجە گشتییەکان، لەخاڵی ٧و ١٥دا لێبوردەییەکی زۆرتری بەرامبەر بەکەمینەکان نیشان داوەو یەکە یەکە ناوی کەمینەکانی هێناوەو جەختێکی زۆرتری لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەسەر بنەمای دیموکراسیو سکولار کردووە.

لە بڕگەی ئامانجە سیاسییەکاندا وێڕای جەخت کردن لەسەر ئازادییە گشتییەکان، بە شێوەیەکی تایبەت جەخت کراوەتە سەر پرنسیپی دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات. ئەم پرنسیپە لە هەردوو پرۆگرامی کۆنگرەی یەکەم و دووەم هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە.

بە هەمان پێودانگ، پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراو بە شێوەیەك پێناسەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردووە کە تێیدا چەمکی ئاشتی وەك پرنسیپ‌و وەك ناوەڕۆك بە ڕونی ڕەنگی داوەتەوە. ماددەی ٢ بەم چەشنە یەکێتیی نیشتمانیی ناسیوە «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی سۆسیال دیموکراتە، خەبات دەکات بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی‌و پتەوکردنی بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی، هاووڵاتیبون، مافی مرۆڤ، مافی چارەنوس‌و بڕوای بە کەلتوری یەکسانی‌و لێبوردەیی هەیە».

لە دروشمەکاندا سەرباری ئەوەی کە چەمکی ئاشتی لە پێش چەمکەکانی ترە، دوو چەمکی دیکەش بۆ دروشمەکان زیاد کراون کە بریتین لە ئازادی‌و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە هەردوکیان بە ماناو ناوەڕۆك گوزارشت لە چەمکی ئاشتی دەکەن.

## ئاشتی سابیر میرە



پێشمەرگەی دێرین‌و فەرماندە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی شاری کۆیە. پاش ئەوەی کەخوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٨دا لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لە لای خالید سەعید بۆتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی ٢ی حاجی قەڵاو لە ساڵی ١٩٧٤ دا بۆتە سەردەستە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە و لە کۆتایی ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٨ بووەتە پێشمەرگەو لە ناوزەنگ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە.

لە ساڵی ١٩٨٢دا لەگەڵ پێکهێنانی تیپی ٩٣ی کۆسرەت کراوەتە جێگری کەرتی ٤ی تیپەکە. لە ساڵی ١٩٨٦دا بووەتە فەرماندەی هەمان کەرت. ساڵی ١٩٨٨ دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، کراوەتە جێگری فەرماندەی تیپەکە. پاش کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، لە بەتالیۆنی ٩ کرایە بەرپرسی بارەگا. لە قۆناغی پێش ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩١دا، بە مەبەستی جێبەجێ کردنی هەندێ ئەرکی پەیوەست بە ڕاپەڕین، بە شێوەی پارتیزانی سنوری بیتوێن و کۆیەی بەسەر کردەوە. پاش ڕاپەڕین، لە پرۆسەی ڕێکخستنەوەی هێزەکاندا کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٣٥ی کۆسرەت لە هێزی ٨ی بیتوێن.

پاش پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان، کرایە فەرماندەی فەوجی یەك لە لیوای بیتوێن‌و پاشان وەك جێگری فەرماندەی لیوا گوێزرایەوە بۆ لیوای کۆیەو دواتریش بووە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی کۆیەو پاشان بەرپرسی فەرماندەیی پشتیوانیی تەقتەق.

ساڵانی پاشتر، کرایە جێگری لیوای ٢٦ی کۆیە. لە کاتی سەرهەڵدانی جەنگی داعش، لە ناوچەکانی باشوری کەرکوك بەشدارییەکی کارای کرد.

## ئاشی زادە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان دەستەیەکی هەرێمی ٦ی پشدەر و سەربازەکانی سوپای عیراق لە ئاشی زادە لە قەڵادزێ لە ٢٨ی ئایاری ١٩٧٨. پێشمەرگە لەم هێرشەیدا چەکی کلاشینکۆف و ئار بی جیی بەکار هێنا. لە ئاکامدا دوو سەرباز کوژران و دوو سەربازی دیکەش بریندار بوون. پێشمەرگە بێ زیان بوو.

## ئاشی شێخ قاسم (شەڕ)

شەڕێکە لە ئەنجامی هێرشی هێزێکی سوپای عیراق بۆ سەر مەفرەزەیەکی هەرێمی ١ی پێشمەرگە روویدا لە نزیك ئاشی شێخ قاسم لە پێنجوێن لە ٢٧ی نیسانی ١٩٧٨. لە ئاکامدا لە هێزەکانی سوپا ١١ سەربازو ئەفسەرێك کوژران، لە هێزی پێشمەرگەش تۆفیق مەحمود بە برینداری بەدیل گیرا.

## ئاشی شێخ قاسم (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگانەیە مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید دلێری سەر بە هەرێمی ١ی هەورامان لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٧٩ ئەنجامی داوە. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکان بە ئار بی جی و نارنجۆك ئەنداز هێرشیان کردە سەر بازگەی ئاشی شێخ قاسم لە ناوچەی پێنجوێن و لە ئاکامی هێرشەکەدا ٣ سەرباز کوژران.

## ئاشی کەرە (چالاکیی پێشمەرگانەی ناو شارا)

ئۆپەراسیۆنی تەقەکردن لە پارێزگاری هەولێر برایم زەنگەنە لە ناو شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٨٦دا. نەخشەدارێژەری ئۆپەراسیۆنەکە مەڵبەندی سێیە کە لەو کاتەدا بارەگای لەگوندی سماقوڵیو لێپرسراوەکەی کۆسرەت رەسول عەلی بوو. چالاکییەکە لە چوارچێوەی بەرنامەی پێشمەرگانەی مەڵبەندی ٣ بەڕێوە چووە، بەتایبەتی کە چالاکییەکانی مەڵبەندەکە لە ساڵی ١٩٨٥وە زۆر پەرەیان سەندبوو.

ئەنجامدەرانی چالاکییەکە سێ پێشمەرگەن بە ناوی سەردار سەعید سۆفی، ئەیوب یوسف سەعید و بەختیار کاوانی. سەردار سەعید سۆفی پێشمەرگەی کەرتی ٣ی شەهیدانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بوو، دواتر بوو بە فەرماندەی کەرت لەو تیپەو پاشان لە شەڕی کێشکە شەهید بوو. ئەیوب یوسف سەعید پێشمەرگەی تیپی ٩١ی سەفین و کەرتی یەکی تیپی ٨٣ی هەورێ بوو، دوا پلەی لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی. بەختیار کاوانی پێشمەرگەی مەفرەزەی تایبەتی تەحسین کاوانیی فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بوو.

بۆ رایی کردنی کاروباری چالاکییەکە، سێ کۆبونەوە لە سماقوڵی لە نێوان لێپرسراوانی مەڵبەندو گروپی راسپێردراو ئەنجام دران. نەخشەی یەکەم لەبەر مسۆگەر نەکردنی هەموو پێداویستییەکانو کەموکوڕیی زانیارییەکان سەری نەگرت. نەخشەی دووەم لە١٨ی ئازاردا دەست بە جێبەجێ کردنی کرا، کاتێك هێزێکی مەڵبەند گروپی راسپێردراوی لە سماقوڵییەوە گەیاندە گوندی هەنارەو لەوێوە بۆ دەربەندی گۆمەسپان. لەوێوە گروپە سێ کەسییەکە بە ئوتومبیلێکی کراونی تەکسی چووە دەشتی بەستۆرەو لەوێ بەگوندی مەلاهۆمەردا تێپەڕیو روی کردە گوندی پیرزینو لەوێوە چووە گوندی کەرکو پاشان گوندی بەحرکە، لە بەحرکە بەرەو عەنکاوەو لەوێوە بۆ

ناوجەرگەی شاری هەولێر.

بە هۆی ڕێکخستنی نهێنیی ناو شارەوە، گروپی راسپێردراو شەو لەماڵێکی گەڕەکی شەهیدانی سێتاقان مایەوەو کۆتا ئامادەکاریی بۆ جێبەجێ کردنی چالاکییەکە تاوتوێ کرد.

بەیانییەکەی، ١٩ی ئازار، گروپەکە چووە کۆڵانی ئاشی کەرە کەماڵی پارێزگاری هەولێری لێ بوو. بەپێی نەخشەکە، سەردارو ئەیوب بۆ جێبەجێ کردنی چالاکییەکە دانرانو کاوانی لە ناو ئۆتومبیل مایەوە. لەگەڵ رەتبونی کاروانی ئوتومبیلەکانی پارێزگار بە بەردەمیاندا، هەردوو پێشمەرگەکە دایانە بەر ئاگری چەکەکانیانو خێرا خۆیان کرد بەئوتومبیلەکەداو شوێنەکەیان بەجێ هێشت. پاسەوانەکانی پارێزگار هاتنە دەستو تەقەیان کرد، لە ئاکامدا فیشەك بەر ئۆتومبیلەکە کەوتو یەکێ لەدوو پێشمەرگەکەش بە سوکی بریندار بوو.

گروپەکە بە هەمان ڕێگای هاتنە ناو شار، گەڕایەوە بۆ دەربەندی گۆمەسپانو لەوێوە گەیشتەوە بەبارەگای مەڵبەند لە سماقوڵی. چالاکییەکە زۆر دەنگی دایەوەو بووە مایەی شڵەژاندنی دامودەزگاکانی رژێمی عیراق لە ناو شاری هەولێر.

چالاکییەکە کوژرانی پارێزگاری هەولێری لێ نەکەوتەوە بەڵام بە خەستی برینداری کرد، بۆیە بەپەلەپروزێ گەیەنرایە نەخۆشخانەی هەولێرو نەشتەرگەریی بۆ کراو پاشان بۆ تەواوکردنی چارەسەر رەوانەی بەغدا کرا. ئەم چالاکییە یەکێ لەگەورەترین چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی ساڵی ١٩٨٦ی ناو شاری هەولێرە.

لە تۆڵەی ئەم چالاکییەدا، لیژنەی ئەمنی هەولێر بڕیاریدا چوار گەنجی گەڕەکی برایەتی کە پێنج رۆژ پێش چالاکییەکە گیرا بون و هیچ پەیوەندییەکیان بە جموجۆڵی پێشمەرگەوە نەبوو، گوللەباران بکا.

لە ٢٨ی ئازاردا عەبدولڕەزاق کەمال عەبدوڵڵا و عەلی مەحمود تەها خۆشناو و مەغدید ئەسعەد و یاسین مەحمود تەها خۆشناو بەبێ دادگایی کردن، لە گەڕەکی کۆماری، لە نزیک گۆڕەپانی تۆپی پێی هەولێر گوللەباران کران.

هەر ئەو شەوە، هێزێکی تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ چووە ناو شاری هەولێر و لە بۆسەیەکدا کە لە نێوان هەردوو گەڕەکی روناکی و کشتوکاڵ نابویەوە، چواردە کارمەندی سەر بە فەرمانگەی ئەمنی هەولێری لە ناو برد کە دوانیان ئەفسەری پلە بەرز بون.

لە تۆڵەی ئەم چالاکییەدا لیژنەی ئەمنی هەولێر بڕیاری گوللەباران کردنی هەشت خوێندکاری دا کە دوو هەفتە لەمەوبەر لە لایەن دەزگای ئەمنی هەولێرەوە گیرا بون. لە سەرەتای نیساندا لە نێوان گەڕەکی بادawە و گەڕەکی کشتوکاڵ، بەبێ دادگایی کردن و تەنها بۆ تۆقاندنی خەڵکی، هەر هەشتیان گوللەباران کران. ئەمەش ناوەکانیانە: برایم عومەر قادر (لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٣)، خدر حەسەن، داوود سلێمان مەحمود عەبدوڵڵا خەیلانی (لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٨ی هەولێر)، سابیر عەبدولڕەحمان، سەردار محەمەد، لوقمان عەزیز مستەفا خۆشناو (لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٣ی گوندی مەلەکانی ناوچەی رەواندز)، هیوا فەتاح تەها سورچی (لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ی هەریر) و هۆشیار فەتاح تەها سورچی (لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٨ی هەریر).

## ئاکۆ (تیپ)

تیپی ١٤ی ئاکۆ. ساڵی ١٩٨٢ دامەزراوە. سنورو پێکهاتەکەی هەمان سنورو پێکهاتەی هەرێمی ١٤ی

ئاكۆیە. بە بەراورد لەگەڵ تیپەكانی تردا، تیپێكی ئەكتیڤ نەبوو. پێكهاتەیەكی خێڵەكیی هەبوەو زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەكانی سەر بە ناوچەی ئاكۆیەتی بون. فەرماندەكەشی سوار ئاغا بوو كە ساڵی ١٩٨٥، پاش سەر نەگرتنی وتووێژی نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و رژێمی عیراق، خۆیو هەموو تیپەكە وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنا. ئەمەش كارێكی وای كرد سەرلەبەری تیپەكە لەبەر یەك هەڵوەشێتەوە.

## ئاكۆ غەریب



نیگاركێش و پێشمەرگە. ناوی تەواوی ئاكۆ غەریب مەعروف مستەفا. لەدایكبووی ساڵی ١٩٦٢ی شاری سلێمانی. پاش تەواو كردنی قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە سلێمانی، هەوڵیدا لە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی بەغدا یان موسڵ وەربگیرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی وەرگیران لەو پەیمانگایە پێویستی بەپشتگیریی حزبی بەعس هەبوو، وەرنەگیرا. بۆیە بەناچاری رووی لەئامادەیی كرد.

ساڵی ١٩٨٠، كاتێك لە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی دامەزرا، وازی لە خوێندنی ئامادەیی هێناو لەو پەیمانگەیە بەبێ پشتگیریی حزبی بەعس وەرگیرا.

لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە كۆمیتەی شاخی یەكێتیی هونەرمەندانی كوردستانەوە كردو بووە پێشمەرگە. پاش كشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور لە ساڵی ١٩٨٨، لە سەقز گیرسایەوە، كاری هونەریی لەگۆڤاری «هۆرە» ئەنجامداو ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ هەر یەك لە فازل قەساب و رێبوار سەعید بەشدار بوو لە دەركردنی گۆڤاری «رەنگاڵە». جگە لە ئەنجامدانی بەشێكی كارە هونەرییەكانی ئەم گۆڤارە، چەند وتارێكیشی بە ناوی خۆی و بە ناوی خوازراو تێدا بڵاوكردەوە.

لە كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٩٠ ئێرانی بەجێهێشت و لە سوریا گیرسایەوەو لەوێ لە ئۆفیسی دیمەشقی پەیوەندییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كاری كرد.

لە كاتی هەڵایسانی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ گروپێكدا یاوەریی تاڵەبانیی كرد لەگەڕانەوەی بۆ كوردستان. گروپەكە شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی مانگی ئازار لە شاری قامشلووە بەرەو سنوری نێودەوڵەتی بەرێكەوت و گەیشتە زاخۆ.

لەوێ لە گروپەكە جیا بووەو گەڕایەوە بۆ سلێمانی، بەڵام هەر كە گەیشتە سلێمانی، كۆڕەوە ملیۆنییەكە دەستی پێكرد، لەوێوە چوو بۆ ناڵپارێزو لەوێوە بۆ قەڵاچوالان و پاشان بۆ ماوەت كە ئێزگەكەی بۆ گوێزرابۆوە. لەوێوە لەگەڵ كادیرەكانی دەزگای راگەیاندن، رادیۆو ئامێرەكانی راگەیاندنیان گواستەوە بۆ گەڵاڵەو لەوێ بارەگای تازەی دەزگای راگەیاندنیان دامەزراند.

ساڵی ١٩٩٢ بەشدار بوو لە دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان لە هەولێر. دوای ئەوەی بۆ ماوەی شەش مانگ لەوێ مایەوە، گەڕایەوە بۆ كاركردن لە رادیۆی دەنگی گەلی كوردستان لە سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٧ بەشداریی لە دامەزراندنی «ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك»دا كردوە، هەروەها بەشداریی لە دەركردنی گۆڤاری «سیخورمە»دا

کردوەو تا ساڵی ٢٠١٠ وەك بەڕێوەبەری هونەری کاری تێدا کردوە. ساڵی ٢٠٠٨ بووە بەڕێوەبەری گشتیی مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سورەکە لە سلێمانی.

لە ژیانی هونەریدا چەندین پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە لەوانە ٤ پێشانگا لە سلێمانی (١٩٨٠، ١٩٨٢، ١٩٩١، ٢٠٠٢)، سەقز (١٩٩٠)، دهۆك (١٩٩١)و زاخۆ (١٩٩١). هەروەها بەشداریی لە چەندین پیشانگای هاوبەشدا کردووە لەوانە پێشانگای سلێمانی (١٩٨٥)، پیشانگای پۆستەری یەکەم یادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە تاران و شنۆو سەقزو نەغەدە (١٩٨٩)، پیشانگای هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند حسێن عەلی لە نەمسا (١٩٩٠)، پیشانگای یادی هەڵەبجە لە سەقزو شنۆو نەغەدەو تاران (١٩٩٠)، پیشانگای هونەرمەندانی کورد لەهۆڵی زایدل ڤیللا لە شاری میونشن لە ئەڵمانیا (١٩٩٢)، پیشانگای هونەرمەندانی کورد لە فەرەنسا (١٩٩٢) پیشانگای هونەرمەندانی کورد لە بەریتانیا (١٩٩٣)، پیشانگای هونەرمەندانی کورد لە کەنەدا (١٩٩٣)، پیشانگای هۆڵی سورکێو لە سلێمانی (١٩٩٣)، پیشانگای هونەرمەندانی کورد لە هەولێر (١٩٩٤)، پیشانگای مافی مرۆڤ لە سلێمانی (١٩٩٥)، پیشانگای جیهانیی کاریکاتێر لەقاهیرە (١٩٩٧)، پیشانگای هاوبەشی گروپی سروشت لە هۆڵی گەلەریی زاموا لە سلێمانی (١٩٩٧)، پیشانگای نێودەوڵەتیی کاریکاتێر لە بەلژیك (١٩٩٩)، پیشانگای هونەرمەندانی کورد لە هۆڵەندا (٢٠٠٠)، پیشانگای گەلەریی دهۆك (٢٠٠١)، پیشانگای گروپی کوردستان لە بەغدا (٢٠٠٣)، پیشانگای هەفتەی فەرهەنگیی سلێمانی لە شاری سنە (٢٠٠٥)، فیستیڤاڵی هونەری شێوەکار لە سلێمانی (٢٠٠٦)، فیستیڤاڵی هونەری شێوەکار لە دهۆك (٢٠٠٧).

لەم بوارەدا دامەزرێنەری «خانەی سمۆرە بۆ رۆشنبیریی منداڵان»و گروپی هونەریی کوردستانە.

دیارترین بەرهەمەکانی «زمانی کاریکاتێر» (١٩٩٩)، «مێژووی هونەری بیناسازی» (٢٠٠٦).

## ئاکۆیان (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی هێزی پێشمەرگەیە لە دۆڵی ئاکۆیان. لە٢ی تەموزی ساڵی ١٩٨٥ سەعات ٢٣ هێزێکی پێکهاتوو لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران و تیپی ٥٧ی سەگرمەو تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و تیپی ٥٣ی شێروانە، بەپێی نەخشەیەکی ورد هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر بارەگای فەوجی ئاکۆیان لە نێوان چیای هەندرێن و چیای کۆڕەك و حەوت رەبیەکەی دەوروبەری چیاکانی رەشکانو بانەشان. لە ماوەی سەعاتێکدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر بارەگای فەوجەکەو هەر حەوت رەبیەکەدا گرت کەتەنها دوو کیلۆمەتر لەرەواندزەوە دور بون.

ئۆپەراسیۆنەکە کوژرانی ٤٧ سەربازو جاشی لێ کەوتەوە لەوانە ئەفسەرێك بە ناوی هەیسەم یونس کە خەڵکی موسڵ بوو. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە ٤٨ پارچە چەك و نیو ملیۆن فیشەکی کلاشنکۆف بوو.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا مەحمود حاجی فەرەج کۆکۆیی فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان شەهید بوو. هەروەها شەش پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمە بە ناوی عومەر رەشید، محەمەد مارف، محەمەد حسێن، برایم بەکرو مستەفا لەتیف شەهید بون. دوو پێشمەرگەی تریش بە ناوی ساڵح عەلی فەرەج لە تیپی ٥٣ی شێروانە و ئەحمەد تایەر حەکیم لە تیپی ١٩ی کۆڕەك کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا بە مۆڵەت لەگوندی ئاکۆیان بون، بە هەڵە تەقەیان لێ کراو شەهید کران.

# ئاگر (کۆمیتەی ڕێکخستن)

کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە پارێزگای کەرکوك. تا ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کەرکوك لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی سیستماتیکدا بەڕێوە نەدەبران و لە قۆناغی جیاجیادا چەند کادیرێك ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانیان گرتۆتە ئەستۆ لەوانە فەرەیدون عەبدولقادر، کاتێك کارمەند بووە لە شارەوانیی کەرکوك و عەلی محەمەد قادر ناسراو بە عەلی بچکۆل و ئیحسان نەجم محێدین، جگە لەوەی کە چەند کادیرێکی تر لەوانە برایم جەلال و فەیسەڵ ڕەشید تاڵەبانی ڕۆڵی دیایکراویان لەبەڕێوەبردنی بەشێکی ڕێکخستنەکاندا گێڕاوە.

ساڵی ١٩٧٦ ئازاد هەورامی وەك ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکانو لێپرسراوی هەرێمی کەرکوك، لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی کەرکوکی گرتە ئەستۆ. پاش پەیوەندی کردنی هەورامی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارەوە لە چەمی ڕێزان، لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکان بە حەمە کەریم عەلی ڕەزا ناسراو بە ئەحمەد کرێکار سپێردرا.

هاوینی ١٩٧٧ زۆربەی مەفرەزە سەرەتاییەکان بۆ پێشوازی کردن لە گەڕانەوەی تاڵەبانیو بەشداری کردن لە کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، رویان کردە سنوری عێراق- تورکیا. بە هۆی ئەمەوە پەیوەندیی ڕێکخستنەکانی کەرکوك لەگەڵ ڕێکخستنەکانی سلێمانیو مەفرەزە سەرەتاییەکاندا بۆ دەوروبەری شەش مانگ پچڕا. کۆتایی ساڵ پاش گەڕانەوەی مەفرەزەکەی بێستون مەحمود عەسکەری ناسراو بە مام بێستون لە برادۆستەوە بۆ چەمی سورقاوشان، پەیوەندییەکە گرێ درایەوە. لە ساڵی ١٩٧٨دا محەمەد خورشید بە ئاگاداریی ئەحمەد کرێکار چەند کۆبونەوەیەکی لەگەڵ لێپرسراوانی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ، هەر یەك لە جەمال تاهیرو دلێر ئەحمەد شوکری ڕێکخست کە بونە مایەی پەرەدان بە هەماهەنگیی نێوان کەرکوك و سلێمانی. لەم سەروبەندەدا لە یەکێ لەو کۆبونەوانەدا ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیشان درا کەلێرە بەدواوە ڕێکخستنەکانی کەرکوك بە ناوی کۆمیتەی ئاگرەوە کار بکەن. هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئەوە بووە ناوەکە بە شێوەیەکی گونجاوتر گوزارشت لە تایبەتمەندێتیی شاری کەرکوك بکات.

لە سەردەمی لێپرسراوەتیی ئەحمەد کرێکاردا ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبەری کۆمیتەکە بریتی بون لە حەمید محەمەد کاکەمەند، محەمەد شەریف ناسراو بە حەمەی ئایشە، محەمەد خورشید و عەلی مەغاویر.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا کۆمیتەکە بڕیاری دروست کردنی شانەی چەکداری دا. پاش تاوتوێ کردنی وردەکاریی مەسەلەکە، یەکەم شانەی چەکدار لە سوارە کەمال و نوعمان عەبدوڵڵا عوبێد کلاوقوت و شوانەی تەپەو خالید پەرستیار پێك هێنرا. یەکەم چالاکیی شۆڕشگێڕانەی کۆمیتەی ئاگر لە ناو کەرکوك، لەسەر دەستی سوارە کەمال و خالید پەرستیار ئەنجام درا. لێرە بەدواوە قۆناغی چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە ناو شاری کەرکوك لە دژی کاربەدەستانی بەعس و نۆکەرانیان دەستی پێ کرد. دواتر، شانەی دیکەی چەکدار بە سەرپەرشتیی محێدین حسێن حەسەن و عەبدولقادر بەکر قادر جەباریو حەمید محەمەد کاکەمەند دروست کران.

ئەو چالاکییە چەکدارییانە دەزگا ئەمنییەکانیان وروژاندو وایان لێ کردن بکەونە گەڕ بۆ ئاشکراکردنی شانە چەکدارەکان. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا دەزگا

ئەمنییەکان ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی ئاگر محەمەد خورشیدیان دەستگیر کردو پاش نزیکەی دوو مانگ محەمەد شەریف کە ئەویش ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەری کۆمیتەکە بوو دەستگیر کراو دواتریش دوو ئەندامی کۆمیتەکە، حەمید کاکەیی‌و ماموستا مەدحەت دەستگیر کران‌و هەردوکیان بەبێ ئەوەی هیچ نهێنییەکی ڕێکخستن بدرکێنن، لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید کران. لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨١ ئەحمەد کرێکار لەبەر پەرەسەندنی فشاری دەزگا ئەمنییەکان لەسەری، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمیتەکەی بۆ حەمید محەمەد کاکەمەند بەجێ هێشت.

لە١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٨١ دەزگا ئەمنییەکان شاڵاوی گرتنی ئەندامانی کۆمیتەی ئاگریان دەست پێ کردو شاڵاوەکە تا ٢٧ی تشرینی دووەم بەردەوام بوو. لە ئەنجامدا ٥٢ ئەندامی کۆمیتەکە دەستگیر کران. گیراوەکان بە شێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە دران و لە دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراو هەر لەوێش لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٢ دادگایی کران. لە دەستگیرکراوەکان ١٠ کەس بەم ناوانە فەرمانی خنکاندنیان بۆ دەرچوو: ئەسعەد عەزیز سۆفی، محێدین حسێن حەسەن، فاروق عومەر وەلی، فەهمی ئەمین ڕەشید، عەبدولقادر بەکر قادر، عەبدولجەبار فەرەج ساڵح، حەسەن محەمەد عەلی، ڕەشاد محەمەد ئەمین، جەنگی نەجمەددین‌و فەرهاد محەمەد سەعید. هەروەها ٢١ کەس فەرمانی زیندانی کردنیان بۆ دەرچوو کەئەمانەن: سەردار سەعید ئەمین، حەسەن محەمەد قادر، ڕەشید مەجید، موحسین عومەر سدیق، حەمید محەمەد کاکەمەند، عەلادین محەمەد قادر، عەبدولڕەحمان حەمید، حەبیب محەمەد حەبیب، سیروان ئەحمەد قادر، فایق عومەر ڕەسول، عومەر قادر عەلی، نامیق شەریف، ئەنوەر محەمەد ئەمین، حەسەن ئەحمەد محەمەد، سەعدوڵڵا ئەحمەد عەزیز، هیوا عەبدولعەزیز محەمەد، عەبدولسەلام قادر مستەفا، سابیر عەبدوڵڵا حەسەن، جەلیل حەمە موراد، سابیر مەحمود عەلی‌و عەسریە ئەحمەد محەمەد.

ئەوانەی فەرمانی خنکاندنیان بۆ دەرچوو، ڕەوانەی بەندیخانەی موسڵ کران بۆ ئەوەی لەوێ لەسێدارە بدرێن. بەڵام دواتر لەوێوە ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کران لە باشوری بەغداو لەوێ بەدوو لیست، بەبێ ئاگادارکردنەوەی کەسوکاریان، لەسێدارە دران و لە گۆڕستانی محەمەد سەکران نێژران.

لە دەستگیرکراوەکان تەنها چوار کەس ئازاد کران کەئەمانەن: جەمال عەبدوڵڵا، چەتۆ مەجید، تەیب ڕەشید و نەجمە ئەحمەد.

حەڤدە ئەندامیش بێ سەروشوێن کران. پاش چەندین ساڵ دیکۆمێنتەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس دەریانخست کە ئەمانە بەشێکیان لە ساڵی ١٩٨٣ لە بەغداگوللەباران کراون و بەشێکیشیان لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید کراون لەوانە هەردوو برا عەدنان‌و سیروان محەمەد ئەمین.

هەلومەرجەکە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە کۆمیتەکە پێویستی بەوە بوو کە سەرلەنوێ ڕێك بخرێتەوە چونکە بەهۆی فشاری دەزگا ئەمنییەکانەوە پەرێشانیی پێوە دیار بوو. لەم سەروبەندەدا جەمال تاهیر، لێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ، ئەندامێکی کۆمیتەکەی کە دلێر ئەحمەدی شوکری ناسراو بە سەلیم بوو ڕاسپارد ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆو سەرپەرشتیی پرۆسەی بنیاتنانەوەو ڕێکخستنەوەی کۆمیتەی ئاگر بکات. لە کۆبونەوەیەکدا کەبۆ ئەم مەبەستە لە ماڵی عومەر قادر لەگەڕەکی شاترلوی شاری کەرکوك بەسترا، پلانی ڕێکخستنەوەی

کۆمیتەکە دراو بڕیار درا کاکەڕەش سدیق لێپرسراوەتیی کۆمیتەکە بگرێتە ئەستۆ، عومەر قادر ببێتە جێگری لێپرسراوی کۆمیتە بۆ کاروباری رۆژئاوای کەرکوکو ئەسعەد عەزیز سۆفی ناسراو بە شێخ دارا ببێتە جێگری لێپرسراو بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی کەرکوك.

لەو ماوەیەدا دەزگا ئەمنییەکان هەر بەردەوام بون لەسەر راوەدونانی ئەندامانی کۆمیتەی ئاگرو لەم سەروبەندەدا دوو ئەندامی دیکەی کۆمیتەکەیان بە ناوی ئەحمەد قەمبەرو نەوزاد بەهادین ناسراو بە نەوزاد بابان دەستگیر کردو فەرمانی بەندکردنی هەتاهەتایان بۆ دەرکردن.

حوکمدراوەکان لە زیندانی ئەبوغرێب بەند کران، بەڵام لەتەموزی ١٩٨٢ بەپێی بڕیارێکی لێبوردنی گشتی ئازاد کران.

گورزە یەك لەدوای یەکەکان و بەردەوامبونی فشاری دەزگا ئەمنییەکان کۆمیتەی ئاگریان پوچەڵ کردەوەو زۆری نەبرد کۆمیتەکە لەکار کەوت.

ساڵی ١٩٨٢ سالار رەشید کە لێپرسراوی هێڵێکی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و هێڵێکی رێکخستنی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بوو، دەستپێشخەریی کردو کەوتە لێك گرێدانەوەی هێڵەکانی رێکخستنو ئەندامە پەراگەندەکانی کۆمیتەکەو لەم هەوڵانەیدا سەردانی ئەندامە گیراوەکانی لە بەندیخانەکانی ئەبوغرێب و موسل کرد، هەروەها پەیوەندیی بە ئەحمەد کرێکارو عەلی بچکۆل و ئازاد هەورامیو ناوەندی کۆمەڵەوە کردو لە بەرەنجامی کۆتاییدا توانی کۆبونەوەیەك لەگەڵ عەلی بچکۆلو ئەحمەد کرێکار بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی زیندوکردنەوەی کۆمیتەی ئاگر ساز بکات. کۆبونەوەکە زیندوکردنەوەی کۆمیتەی ئاگری پەسەند کردو بڕیاریدا کەرتی رێکخستنی شەهید سیروانی شاری کەرکوك کە بەر جەزرەبەو پەلامارو راونانی دەزگا ئەمنییەکان نەکەوتبوو و لێپرسراوەکەی محەمەد ئەحمەد ناسراو بە محەمەد ئاڵتونچی بوو، بخرێتە سەر کۆمیتەکە.

لە تەموزی هەمان ساڵ لە کۆبونەوەیەکدا کە بە ئامادەبونی ئازاد هەورامی، ئەحمەد کرێکار، سالار رەشید، عەلی بچکۆل، محەمەد ئەحمەدو قادر کەرکوکی لەگوندی سورقاوشان بەڕێوە چوو، کۆمیتەی ئاگر پێك هێنرایەوە. سالار رەشید بووە لێپرسراوی کۆمیتەکەو هەر یەك لە محەمەد ئەحمەدو قادر کەرکوکی بونە ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەری کۆمیتەکە. سێ کادیرەکەی کۆمیتەکە هەر یەکێکیان بوە لێپرسراوی یەکێ لە سێ کەرتەکەی رێکخستنی شەهید ئەنوەر حەسەنو شەهید سەلاحی موهەندیس و شەهید سیروان.

سەرەڕای دەستپێشخەرییە جوامێرانەکەی سالار رەشیدو بەپیرەوەچونی هەر یەك لە دوو کادیرەکەی تر، کۆمیتەی ئاگر نەیتوانی گوڕو تینی جارانی بەدەست بێنێتەوە، بەتایبەتی کەدواتر هەر یەك لە سالار رەشیدو محەمەد ئەحمەد، لەبەر سەرهەڵدانی قەیرانی «ئاڵای شۆڕش» لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لە کۆمەڵە کشانەوەو لە ئەنجامدا کۆمیتەکە جارێکی تر هەڵوەشایەوە.

## ئاڵا (رۆژنامە)


الديمقراطية للعراق والحكم الذاتي لـ كوردستان

الرايـة ئـالا

العدد الاول نشرة دورية تصدر عن الاتحاد الوطني الكردستاني ــ فرع امريكا اب ــ ١٩٧٩

حول مظاهرة ابادان

لە کاتێکدا ئاسمانی نیشتمان بە باڵی زورداران وداگیر کران تە نرابوە وە، گە لە کە مان بانگە وە ترهـــــن

بڵاوکراوەیەکە لقی ئەمریکای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی دەری کردووە. قەبارەکەی لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازە بەڵام زۆرتری لە قەبارەی فولسکابدایە. زۆربەی ئەوانەی کاریان تێدا کردووە ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بون یاخود بە بیروباوەڕ مارکسیست بون. ئەمەش لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا رەنگی داوەتەوەو تا ئەندازەیەکیش توندڕەویی ئایدیۆلۆژی بەسەر بەشێکی زۆری بابەتەکاندا زاڵە.

لەم بڵاوکراوەیە ١١ ژمارە دەرچووە. یەکەم ژمارە لە ئابی ساڵی ١٩٧٩ دەرچووەو ژمارە ١١ کە دوایین ژمارەیە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ دەرچووە. بابەتەکان بەتایپی دەستی تایپ کراون و پاشان بە فۆتۆکۆپی راکێشراون.

یەکەم ژمارەی لە شاری شیکاگۆ لە ویلایەتی ئیلینۆی دەرچووە، ژمارەکانی تر لە شاری فالس چێرچ لە ویلایەتی ڤێرجینیا و شاری سانتیاگۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا دەرچوون. دوو سەرپەرشتیاری هەبووە کە پێکەوە ئەرکی سەرنووسەرییان دیوە بە ناوی تالیب غوڵام زەنگەنە و عەدنان گەرمیانی. زۆربەی وتارە کوردییەکان عەدنان گەرمیانی و تالیب بەرزنجی نوسیویانەو زۆربەی وتارەکانی بەشی عەرەبی تالیب غوڵام زەنگنە نوسیویەتی. ئەرکی تایپکردن لە ئەستۆی جانی دیلان و حەیدەر کەریم بووە. جانی دیلان جگە لەوەی کە وەك تایپیست کاری تێدا کردووە، دیزاینەر و خۆشنوسی رۆژنامەکەش بووە. هەموو ئەو وێنانەش کە بۆ جوانکاری و گوزارشتکردن لە ناوەڕۆکی وتارەکان و بیری سیاسیی رۆژنامەکە بڵاو کراونەتەوە، داهێنانی جانی دیلانن، خاوەنی ئەو هۆنراوە عەرەبییانەش کە رۆژنامەکە بڵاوی کردوونەتەوە مەحمود محوّیە کە کوردی لوبنانە.

## ئاڵا تاڵەبانی



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی ئاڵا تەحسین شێخ حەبیب تاڵەبانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی گەڕەکی بەرتەکیەی شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەییو پەیمانگای تەکنیکیی لە کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥ خێزانەکەی، هاوشێوەی چەندین خێزانی تری دانیشتوی کەرکوك، لە سۆنگەی فاکتەری سیاسییەوە، بۆ ماوەی چەند ساڵێك بۆ شارۆچکەی ریفاعیی سەر بە پارێزگای زیقار دور خراوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٦ لە کەرکوك پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٨، کاتێك کارمەند بوو لەبەڕێوەبەرایەتیی رێگاوبانی کەرکوك، لە سۆنگەی هۆی سیاسییەوە لەسەر کار لابراو دوای ئەوەش کە گەڕایەوە سەر کارەکەی، دیسان لە ساڵی ١٩٩٠ دا لە سۆنگەی هەمان هۆوە لەسەر کار لابرا. ساڵی ١٩٩١ وەك ئەندامێکی رێکخستنەکانی کۆمەڵە بەشدار بوو لە راپەڕینداو هەر ئەو ساڵە، دوای ئەوەی هێزەکانی عێراق کەرکوکیان گرتەوەو راپەڕینیان خامۆش کرد، فەرمانی دەستگیرکردنی لەدەزگای ئەمنی کەرکوك بۆ دەرچوو. لەم سۆنگەیەوە، ماوەیەك بە خێزانەوە لە ئێران مایەوەو پاش هێوربونەوەی بارودۆخی هەرێم، لە ئێران گەڕایەوەو لەکۆیەو دواتر لە هەولێر گیرسایەوە.

لەو ماوەیەدا چالاکیی زۆری لە بواری رێکخستنو کاروباری ژناندا نواند. ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەندامی کەرتی رێکخستنی ژنانی کۆمیتەی کۆیەو لە کۆتایی

هەمان ساڵ بووە بەرپرسی لقی کۆیەی یەکێتیی ژنانی کوردستان. ساڵی دواتر، لەپلینۆمی یەکێتیی ژنان بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ژنان هەڵبژێردرا.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٩٦ هەولێری بەجێ هێشت و چوو بۆ سوریاو دواتریش بۆ بریتانیا. ساڵی ١٩٩٨ بووە جێگری لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی بریتانیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە شاری لەندەن. لەو ماوەیەدا چەند بڕوانامەیەکی لە بواری زمانی ئینگلیزیو مافی مرۆڤو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠٠٣ دوا بەدوای روخانی رژێمی بەعس لە عیراق، گەڕایەوە بۆ کوردستان و دواتر لە بەغدا لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی وەزارەتی کاروباری ژنانی بریتانیا سەرپەرشتیی پێکهێنانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو بزوتنەوەی ژنانی عیراقی کرد لە ناوەڕاست و خواروی عیراق و لەم سەروبەندەشدا بە هاوکاریی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رێکخراوی ناوەندیی بەهێزکردنی توانای ژنانی دروست کرد.

ساڵی ٢٠٠٥ لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردراو لە ساڵی ٢٠١٠دا لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەراندا، وەك نوێنەری شاری کەرکوك بەئەندام لە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرایەوە. لە کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٤ لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردرایەوە و لە ئەنجومەندا لێپرسراوێتیی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گرتە ئەستۆ.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، لە هیچ پارێزگایەك لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاندید نەکرا، ئەویش لە بەغدا خۆی لەسەر لیستە سوننییەکەی «هاوپەیمانیی بەغدا» کاندید کرد کە محەمەد مەشهەدانی، سەرۆکی پێشوتری ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، سەرۆکایەتیی کردووەو وا پاساوی بۆ ئەم هەنگاوەی هێنایەوە کە «لە بەرژەوەندیی حزبەکەی دایە» و لیستی «هاوپەیمانیی بەغدا» وا ناسراوە کە «هاوپەیمانییەکی فرە لایەن و هەمەچەشنەیەو حزبێکی سیاسی نیە». لە راگەیەنراوێکدا وتی ئامانجی خۆ کاندیدکردنی لەسەر لیستێکی سوننی «بەدەستهێنانی کورسییەکی زیاترە بۆ کوردو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەغدا».

لە بەرامبەردا کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیاری دەرکردنی دا، بەڵام لە کۆبونەوەی ١٥ی نیسانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، لە سەرجەمی ٣٨ ئەندامی ئامادەبووی کۆبونەوەکە، ٧ ئەندام دەنگیان بە دەرکردنی داو ١١ ئەندام بە سڕکردنی. لە ١٧ی نیساندا نوسراوی فەرمی بە واژۆی جێگری سکرتێری گشتی بۆ سڕکردنی تا کۆنگرەی داهاتوو دەرچوو.

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا کە لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٨دا بەڕێوە چوو، ٢٩٠٤ دەنگی لەسەر لیستی هاوپەیمانیی بەغدا بەدەستهێناو بووە ئەندامی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق.

لە کۆبونەوەی ١٥ تشرینی دووەمی ٢٠١٨ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە لە دەباشان بەسترا، بڕیاری سڕکردنی هەڵوەشێنرایەوە.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی کەرکوک، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## ئالانە- خەلیفان (شەڕ)

شەڕێکی ١١ سەعاتییە لە نێوان هێزێکی هاوبەشی هەرێمی ١٢ی سۆران و هێزێکی گەورەی سوپای عیراقدا لەسەر جاددەی ئالانە- خەلیفان لە ١٩ی شوباتی ١٩٧٩. هێزەکەی پێشمەرگە بۆسەی بۆ کاروانەکانی سوپا نایەوە، هێزێکی سەربازیی گەورە کەوتە ناو بۆسەکەوە، کە لە ٢ فەوج سەربازو زیاتر لە ١٠٠ جاش پێکهاتبوو. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ئامر فەوجی ٢ی لیوای ٢٢، ئەفسەرێك، ٤٤ سەربازو جاش کوژران. ٤١ سەربازو یەك ئەفسەر بریندار کران. لە هێزی پێشمەرگەش ساڵح عەباس ناسراو بە ئاکۆ شەهید کراو ١ پێشمەرگەش بریندار کرا.

## ئالای سور (رۆژنامە)

ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان. سێ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە ١ی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ بە شێوەی رۆژنامە دەرچووەو دوو ژمارەکەی تر لە ساڵی ١٩٧٣. سەرنوسەر و دەستەی نوسەرانی نەبوو، بەڵام فەرەیدون عەبدولقادر ئەرکی سەرنوسەرو سەرپەرشتیاری لە ئەستۆ گرتبوو.

ژمارە ١ بە قەوارەی فولسکاب دەرچووەو لە گەڕەکی ئازادیی شاری کەرکوك لە ماڵی فەرەیدون عەبدولقادر بە تایپی دەستی تایپ کراوەو بەڕۆنیۆ راکێشراوە. دوو ژمارەکەی تر بە قەوارەیەکی بچوکتر دەرچوون. هەر سێ ژمارە فەرەیدون عەبدولقادر تایپی کردوون، ژمارە ١ لە لایەن ئیحسان نەجم محێدینەوە، ناسراو بە ئەبو شەهاب، بە رۆنیۆ راکێشراوەو دوو ژمارەکەی تر لە لایەن ئیحسان نەجم محێدین و حەمیدە سورەوە.

بڵاوکراوەکە رەهەندێکی کوردستانیی هەبوو، لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە گوتارێکی توندی دژ بە یەکێتیی سۆڤێت هەبوو، پارتی کۆمۆنیستی عیراقی بەحزبێکی لادەر لە ڕێبازی مارکسیزم دادەناو زۆرتر بەلای ماویزمدا دایدەشکاند. لە هەر سێ ژمارە هیچی دەستناکەوێ.

هۆی راگرتنی رۆژنامەکە زۆرتر بۆ فاکتەری ئەمنی دەگەڕێتەوە. راپۆرتی سیاسیی یەکەمین کۆنفرەنسی ساڵی ١٩٨١ی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکاو وا پاساو بۆ راگرتنی دێنێتەوە کە رۆژنامەکە «هەر زوو راوەستێنرا چونکە دەبوو بە هۆی ئاشکراکردنی پێش وەختی لەبارو لێدانی لە لایەن دوژمنەوە».

## ئالای شۆڕش (رۆژنامە)


ئالای شۆڕش
لەپێناوی پتەوی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا
خەباتی ئالای شۆڕش

رۆژنامەیەکە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، شاسوار جەلال (ئارام) دەریکردووە. ئەم ژمارەیە لە ئەیلولی ١٩٧٧ دەرچووە. بابەتەکانی ژمارە دوو کە ئامادە بوون بۆ چاپ، هەرگیز نەدۆزراونەتەوە.

رۆژنامەکە گوزارشت لە جیهانبینیی مارکسیستەکانی کوردستان و تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی رزگاریی نیشتمانی دەکاو لەم رووەوە ئەو پەرەگرافەی کە لەبۆکسەکەی لای چەپدا بڵاوکراوەتەوەو دەڵێ: «تێ بکۆشن بۆ سەرخستنی شۆڕشی دیموکراتیی

گەلی عیراق کە لە کوردستانەوە هەڵگیرساوە لەپێناوی دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتی گەلدا کە گەلی کوردیش لە سایەیدا بەمافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی شاد بێت» بە شێوەیەکی چڕ سیاسەتی رۆژنامەکە روونده‌کاتەوە.

ئەم ژمارەیە کە لەگوندی گوڕباز لە ناوچەی قەرەداغ دەرچووە، لە هەشت لاپەڕەی فولسکاپ پێکدێ کە بابەتەکانی بەتایپی دەستی تایپ کراون و بەرۆنیۆ ١١٤ دانەی لێ راکێشراوە.

شاسوار جەلال بۆ پەرەپێدانی خەباتی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان، ئومێدێکی زۆری لەسەر رۆژنامەکە هەڵچنیبوو. ئەمەش لەو وتارەی لاپەڕە ١دا دەردەکەوێ کە لە ژێر ناونیشانی «خەباتی ئاڵای شۆڕش»دا بڵاوکراوەتەوەو تێیدا دەڵێ: «هیوادارین ئاڵای شۆڕش ببێتە رووناکییەکی گەش و لەکوژاندنەوە نەهاتووی سەر رێگای خەباتی گەلەکەمان و گەلان و زەحمەتکێشانی عیراق و هەموو ناوچەکە لەپێناوی نەمانی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکدا».

## ئاڵای شۆڕش (رێکخراو)

رەوتێکی ئایدیۆلۆژییە لە سەرەتای هەشتاکاندا لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان پەیدا بووەو لە رەوتی پەرەسەندنی ململانێکانی ناو کۆمەڵەدا رێکخستنێکی چەپی نهێنیی لێ کەوتۆتەوە. هۆی پەیدابونی رێکخراوەکە بۆ ململانێی ناو کۆمەڵە لە نێوان باڵی سکرتێر نەوشیروان مستەفاو باڵی ئۆپۆزیسیۆن بە سەرکردایەتیی مەلا بەختیار- سالار عەزیز دەگەڕێتەوە. ئەم ململانێیە یەکەم ململانێ نەبوو لە مێژوی کۆمەڵەی رەنجدەراندا، بەڵام دژوارترینیان بوو، چونکە مایەی هەڕەشە بوو هەم لەسەر یەکپارچەپی کۆمەڵەی رەنجدەران هەم لەسەر یەکپارچەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جگە لەوەی کە ناکۆکییەکە لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تەقییەوە کە تێیدا یەکێتیی نیشتمانی لە وتوویژێکی دژواردا بوو لەگەڵ حکومەتی عیراق، هەموو لایەنەکانی بەرەی جودیش گرەویان لەسەر سەرهەڵدانی قەیرانێکی کەمەرشکێن لە ناو یەکێتیی نیشتمانی دەکرد.

ساڵی ١٩٧٩ دوا بە دوای دەرچونی سەرکردەو کادیرە گیراوەکانی کۆمەڵە لە زیندانەکانی عیراق و پەیوەندی کردنیان بە شۆڕشەوە، قەوارەی ململانێکانی ناو کۆمەڵە پەرەی سەند. باڵێکی تر کە باڵی سەرکردایەتیی کۆنی کۆمەڵەیەو زۆرتر پشت ئەستور بوو بە میراتی سیاسیی شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید سەری هەڵدا. ئەمەش بووە هۆی زیندووبونەوەی ناکۆکییەکانی سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ کە تێیدا باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان بە سەرکردایەتیی شاسوار جەلال لە دیکۆمێنتێکی فەرمیدا کە پاشتر بە راپۆرتی شوبات ناوی دەرکرد، رەخنەی توندی لە سەرکردایەتیی شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید گرتبوو و وەك سەرکردایەتییەکی بەزیو و راکردوو لە بەرپرسیارێتی باسی کردبوو.

تازەبونەوەی ململانێی نێوان کۆمیتەی هەرێمەکان و سەرکردایەتیی کۆنی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٩، رەنگدانەوەی نەرێنیی لەسەر پەیوەندییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە هەبوو و باڵێکی دیکەی هێنایە ئاراوە کە رەوایییەکەی لە سەرکردایەتیی شەهاب شێخ نوری- جەعفەر عەبدولواحیدەوە وەردەگرت. باڵی سەرکردایەتیی کۆنی کۆمەڵە هەم لە تاڵەبانییەوە نزیکتر بوو هەم هاوپەیمانییەکی بابەتییانەی لەگەڵ

باڵی نەوشیروان مستەفا پێکهێنا. ئەمەش زۆرتر تەنگی بە باڵی ئۆپۆزیسیۆن هەڵچنی.

ساڵی ١٩٨١ لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەدا، باڵی ئۆپۆزیسیۆن شکستێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی و تەنها یەك کاندیدی، کە مەلا بەختیارە، دەنگی پێویستی هێناو گەیشتە کۆمیتەی سەرکردایەتی. کاندیدەکانی تری باڵەکە، هەر یەك لە سالار عەزیز، ئازاد هەورامی و فازل کەریم ئەحمەد، هیچ کامیان دەنگی پێویستی نەهێنا.

بیرۆکەی پشت بەستنی ئۆپۆزیسیۆن بە میراتی سیاسیی شاسوار جەلال و دانانی بە سمبول و سەرچاوەی رەوایی، لە قۆناغی پاش کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵە بناغەی بۆ دانرا، بەڵام ئەم مەسەلەیە بە شێنەیی پەرەی سەند.

ململانێکە پاش کۆنفرەنسی یەکەم هەر بەردەوام بوو، بەڵام بە کزی. لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٢، هاوپەیمانیی باڵی سکرتێرو باڵی سەرکردایەتیی کۆنی کۆمەڵە لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا زۆرترین دەستکەوتی بەدەست هێنا.

پاش کۆنفرەنسی دووەم ململانێی ناوخۆیی زۆرتر تەشەنەی سەند. باڵی ئۆپۆزیسیۆن، لە ژێر کاریگەریی تیۆرییە ئایدیۆلۆژییە شۆڕشگێڕییەکاندا، پێی وابوو کۆمەڵە خەریکە سیمای ئایدیۆلۆژی و مۆرکی چینایەتیی خۆی لەدەستدەداو دەبێتە رێکخراوێکی ناسیۆنالیستی بورژوازیی بچوك و ئۆباڵی ئەم گۆڕانەی خستە ئەستۆی سیاسەتی پەیڕەوکراوی سکرتێری کۆمەڵە. سەربار، ناکۆکییەکی زۆر سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵە لە نێوان هەردوو باڵدا هەبوو. ئەگەرچی هەردوو باڵ خۆیان بە مارکسیست دادەنا، بەڵام باڵی ئۆپۆزیسیۆن تێڕوانینی رادیکاڵتری هەبوو و بە پێویستی دەزانی ئایدیۆلۆژیا رەنگدانەوەی رونی لەسەر سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان هەبێ. لە روانگەی باڵی سکرتێرەوە، باڵە رکابەرەکە باڵێکی بان چەپە و تێڕوانینەکانی توندڕەوییەکی زۆریان پێوە دیارە، لە کاتێکدا باڵی ئۆپۆزیسیۆن لەو بڕوایەدا بوو کە باڵی سکرتێر باڵێکی بورژوازیی ناسیۆنالیستی راستڕەوەو تەنانەت هەندێ جار گومانی لەسەر رەوایی سەرکردایەتیی تاڵەبانیش دروست دەکرد.

لە روی مێژووییەوە، بەشێکی زۆری پاڵنەرەکانی ململانێکە، بۆ پەیوەندیی ناهاوسەنگی نێوان سەرکردایەتیی ناوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە. باڵی ئۆپۆزیسیۆن لە گۆشە نیگایەکی تەنگبینەوە سەیری مەسەلەکانی دەکردو لەو بڕوایەدا بوو کە دەستەی دامەزرێنەر، کاتێك هەموو ئەندامەکانی لە دەرەوەی وڵات بون، رۆڵێکی بنەڕەتیی لە پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا نەبوەو ئەوەی کە داینەمۆو بزوێنەرو جێبەجێکەری پرۆسەکە بووە، کۆمیتەی هەرێمەکان بووە، نەك تاڵەبانی و ئەندامەکانی تری دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە روانگەی باڵی ئۆپۆزیسیۆنەوە، کۆمیتەی هەرێمەکان بە رابەرایەتیی شاسوار جەلال، پاش راکردنی سەرکردایەتیی کۆنی کۆمەڵە بۆ دەرەوەی وڵات و بەجێ هێشتنی رێکخستنەکان بە پەرتەوازەیی، فریای کۆمەڵە کەوتووەو کۆمەڵەی لە فەوتان و هەڵوەشانەوە رزگار کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦یش مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێکهێناوەو رابەرایەتیی پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردووە. لەم چوارچێوەیەدا، باڵی ئۆپۆزیسیۆن پێی وابوو لەدەستدانی دەستپێشخەری، پاش گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفاو تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٧٧ و شەهیدبونی شاسوار جەلال لە ساڵی ١٩٧٨و هاتنە دەرەوەی سەرکردایەتیی کۆنی کۆمەڵە

لە ساڵی ١٩٧٩، دۆخێکی نائاسایی هێناوەتە ئاراوە کە پێویستی بە هەموارکردنەوەیەو نابێ درێژە بکێشێ.

لە پاڵ هەموو ئەمانەدا، باڵی سکرتێر تێڕوانینێکی رونتری بۆ مەسەلەی کوردستانیبون هەبوو و کەمتر خۆی بە مشتومڕە ئایدیۆلۆژییەکانەوە سەرقاڵ دەکرد، لەکاتێکدا باڵی ئۆپۆزیسیۆن دیدێکی تەماویی لەم بارەیەوە هەبوو، بە ئەندازەیەك کە بە شێوەیەکی پرەگماتیکییانە مامەڵەی لەگەڵ بیرو بۆچونی کوردستانی و عیراقچێتی دەکردو هەڵوێستێکی دۆستانەتری بەرامبەر بە پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەبوو. باڵی سکرتێر ئەم ناڕۆشنییەی قۆستەوەو تۆمەتی عیراقچێتی و دژایەتی کردنی بیروباوەڕی کوردستانیبونی ئاراستەی باڵی ئۆپۆزیسیۆن کرد.

بەڵام لە راستیدا باڵی سکرتێر خۆیشی چەمکی کوردستانیبونی بە تێروتەسەلی لە دیکۆمێنتێکی فەرمیدا رون نەکردۆتەوەو تێڕوانینێکی یەکلاکەرەوەی لەم بارەیەوە دەرنەبڕیوە. هێشتنەوەی ئەم پرسە بە هەڵپەسێردراوی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ، دەرفەتی پەیدابونی تێڕوانینی ناکوردستانییانەی لە ناو ریزەکانی کۆمەڵە زیاد کرد. نەوشیروان مستەفا زوو هەستی بەم کەموکوڕییە کردو لە ساڵی ١٩٧٨دا، کاتێك بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەندیل بوو، وتارێکی بە شێوەی نامیلکە بە ناونیشانی «دەربارەی پێویستیی بونی رێکخراوی تایبەتی چینی کرێکارو رەنجدەرانی کوردستان» بڵاوکردەوە کە هەوڵێکی بەرایی بوو بۆ تیۆریزەکردنی چەمکی کوردستانیبون. هەروەها لە ژمارە ٣ ی خولی یەکەمی گۆڤاری « کۆمەڵە» دا کە لە زستانی ١٩٧٩دا دەرچووە، وتارێکی دورو درێژی بە ناونیشانی «بەرەو پێکهێنانی حزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان» بڵاوکردەوە کە تێگەیشتنێکی کوردستانییانەی تێدا دەربڕی بوو، بەڵام نەك بە ئەندازەی داڕشتنی تیۆرییەکی سەقامگیرو رۆشن دەربارەی چەمکی کوردستانیبون، بەتایبەتی کە وتارەکە لە بنەڕەتدا بۆ رونکردنەوەی مانای کوردستانیبون نەنوسرا بوو، بەڵکو زۆرتر بۆ تیۆریزەکردنی چەمکی «پارتی پێشڕەو» نوسرا بوو و بە هۆی ئەمەوە جەخت کردنەکە زۆرتر لەسەر مەرجەکانی پارتی پێشڕەو بوو کە دەبێ خاوەنی ناسنامەیەکی چینایەتیی «دیارو ئاشکرا» بێت، چەکدار بێت بە «تیۆریی پێشڕەو»و بتوانێ «یاسا گشتییەکانی تیۆریی پێشڕەو بە چەشنێکی داهێنەرانە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی کوردستان بگونجێنێ» و دەبێ خاوەنی «باڵاترین شێوەکانی رێکخستن» بێت. بەڵام گەوهەری کوردستانییانەی وتارەکە لە ناونیشانەکەی دایە کە تێیدا دەستەواژەی «حزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان» بەکار هاتووە.

لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨١دا فەرەیدون عەبدولقادر لاسایی نەوشیروان مستەفای کردەوەو نامیلکەیەکی ٢٣ لاپەڕەیی بە ناونیشانی «پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان» بڵاوکردەوەو تێیدا هەمان بۆچونەکانی نەوشیروان مستەفای دەربارەی تیۆریی پارتی پێشڕەو دوبارە کردەوە، بەڵام ئەنگێزە کوردستانییەکانی بە شێوەیەکی رونتر تێدا دەربڕی بوو. پاش دوو مانگ، سالار عەزیز لە شوباتی ١٩٨٢دا، لە نامیلکەیەکدا بە ناونیشانی «چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان» وەڵامی بیرو بۆچونەکانی فەرەیدون عەبدولقادری دایەوە. لە وەڵامەکەیدا هەست بە تۆنێکی نزیك لە عیراقچێتی دەکرێ. هەر ئەو ساڵە برایم جەلال، کادیری پێشکەوتوی کۆمەڵە، لە وتارێکدا بە ناونیشانی «کۆمەڵەی رەنجدەران بۆ کوردستانییە؟» کە بە شێوەی نامیلکە بڵاوکرایەوە، دورنمایەکی ئایدیۆلۆژیی بە بیروباوەڕی

کوردستانی بەخشی و بە پشت بەستن بە گوتەکانی مارکس و لینین، هەوڵی دا تێڕوانینێکی هاوڕاو تەبا لەگەڵ مارکسیزم سەبارەت بە بیروباوەڕی کوردستانی پێشکەش بکا.

بەڵام دروست نیە سەرتاپای ململانێی نێوان باڵی سکرتێرو باڵی ئۆپۆزیسیۆن وا پیشان بدرێ کە ململانێیە لە نێوان کوردستانیبون و عیراقچێتی. بە بەراورد، باڵی سکرتێر بە ڕەهایی پشتیوانیی لە بیروباوەڕی کوردستانی کردووەو تێڕوانینە زاڵەکانی تێکەڵە بون لە مارکسیزم و ناسیۆنالیزم، بە داشکاندنێکی زۆرتر بە لای ناسیۆنالیزمدا، لە کاتێکدا تێڕوانینی باڵی ئۆپۆزیسیۆن لە ستراکچەری فیکریدا دەقاودەق خۆی بە دەقە ئایدیۆلۆژییەکانەوە بەستۆتەوە کە ئینتەرناسیۆنالیزم لە سەروی ناسیۆنالیزم و یەکێتیی چینایەتی لە سەروی یەکێتیی ڕەگەزی دادەنێن. بەڵام ئەگەر وردتر لە پرسەکە بکۆڵدرێتەوە، دەردەکەوێ کە ناتەبایی نێوان بیری کوردستانی و بیری عیراقچێتی، کرۆکی ململانێی ناو کۆمەڵە پێك ناهێنێ و لەم سەروبەندەدا هەردوو لای ململانێکە لە گوتاری سیاسییاندا کەوتونەتە ڕەواییدان بە بیانووەکانی ململانێ. لەم سەروبەندەدا لە کاتێکدا کە باڵی سکرتێری جەختی کردۆتە سەر زلکردنی هەڕەشەی عیراقچێتی لەسەر کۆمەڵە، باڵەکەی تر جەختی کردۆتە سەر مەترسیی دزەکردنی توخمە «بورژوازییەکان» بۆ ناو کۆمەڵەو لەدەستدانی شوناسی ئایدیۆلۆژی.

پاش کۆنفرەنسی دووەم، باڵی ئۆپۆزیسیۆن بەرە بەرە و بە شێنەیی، بەرەو ئەوە هەنگاوی هەڵهێنا کە لە ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژییەوە ببێ بە ڕێکخستنێکی ئایدیۆلۆژیی نهێنیی ناڕاگەیەندراو کە پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی- ئایدیۆلۆژیی نهێنی ئەندامەکانی پێکەوە گرێ دەدا.

لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەدا کە لە تەموزی ساڵی ١٩٨٤ لە هەواری کانی سێوی دۆڵی مێرگەپان لە بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا، بەڵگە سەلمێنەرەکانی بونی ڕێکخستنێکی نهێنی لە ناو ریزەکانی کۆمەڵە خرانە ڕوو و لە ئەنجامدا کەش و هەوایەکی گرژ باڵی بەسەر کۆنفرەنسدا کێشا، ناکۆکییەکان تەقینەوەو لایەنگرانی ڕەوتەکە کۆنفرەنسیان بەجێ هێشت، بەڵام بە هۆی ناوبژییەوە، ڕۆژی دواتر گەڕانەوە بۆ ناو کۆنفرەنس. بەپێی تەرازوی هێزی ناو کۆنفرەنس، باڵی سکرتێر زاڵ بوو بەسەر کۆنفرەنسدا، بەڵام لە هەمان کاتدا باڵەکەی تر کەمینەیەکی گەورەی پێکدەهێنا. لە پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا باڵی سکرتێر سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی بەدەست هێناو باڵی ئۆپۆزیسیۆن بە تەواوی تێکشکا. ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی، باڵی ئۆپۆزیسیۆنی توشی شۆك کرد. کەشێکی گرژو پڕ دڕدۆنگی باڵی بەسەر کۆنفرەنسەکەدا کێشا. بۆ ڕەواندنەوەی گرژییەکە، پێشنیار کرا ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی زیاد بکرێ بۆ ئەوەی هەندێ لە کاندیدە دەرنەچووەکان سەر کەون، بەڵام سەرەڕای ئەم هەنگاوەش، گرژییەکە نەڕەوییەوە.

پاش کۆنفرەنسی سێیەم، ڕەوتە ناڕازییەکە ئەگەری جیابونەوەی لە کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاوتوێ کرد. لە کۆبونەوەیەکدا کە لە ناوەڕاستی ١٩٨٥ دا لە گوندی سێوسێنانی ناوچەی قەرەداغ بەسترا، سەرکردەو کادیرەکانی ڕەوتەکە یەکەم هەنگاوی کارایان بۆ بەرجەستەکردنی تایبەتمەندیی ڕەوتەکە هەڵهێنا و کۆمیتەیەکی ڕێبەرییان لە پێنج ئەندام بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕەوتەکە پێکهێنا. کۆمیتەکە لە مەلا بەختیار، موحسین عەلی ئەکبەر، مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ

عەلی، حاجی مەمۆو پشکۆ نەجمەددین پێك هات. دەزگایەکیش بۆ کاروباری رۆشنبیری و راگەیاندن کە یەکێ لە ئەرکەکانی دەرکردنی گۆڤارێکی فیکری بوو، پێك هێنرا.

بۆ زانینی بنەما فیکرییەکانی گروپی «ئاڵای شۆڕش»، دەبێ پشت بە دیکۆمێنتە فەرمییەکانی ئەو رێکخراوە ببەستین، لەوانە کە گرنگترینیانە، دیکۆمێنتێکی نهێنی بە ناونیشانی «راگەیاندنی کۆتایی یەکەمین کۆبونەوەی خۆئامادەکردنی ئەڵقە دیراسییەکان» کە لە دەوروبەری ٧٠٠٠ وشە پێکدێ. مێژوی دیکۆمێنتەکە کە بە تایپی دەستی چاپ کراوەو بە پێرستەوە لە ٤٨ لاپەڕە پێکدێ، بۆ ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٥ دەگەڕێتەوە، واتە نزیکەی چوار مانگ و نیو پێش دەستگیرکردنی سەرکردەکانی رێکخراوەکەو دەستپێکردنی شاڵاوی تەنگهەڵچنین بە لایەنگرەکانی. بە خوێندنەوەی دەقی دیکۆمێنتەکە، گومان لەوەدا نامێنێ کە رەوشێکی ئایدیۆلۆژیی جیاواز لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەراندا هەیە و لایەنگرەکانی بە شێوەیەکی نهێنی لە چوارچێوەی رێکخستنێکی نهێنیدا کار دەکەن. بەڵام دیکۆمێنتەکە ناوی هیچ رێکخراوێك ناهێنێ کە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە رێکخستنە نهێنییەکە هێشتا هیچ ناوێکی بۆ خۆی هەڵنەبژارد بوو. ناونیشانی دیکۆمێنتەکە زۆر سەرنج بە لای خۆیدا رادەکێشێ چونکە دەستەواژەی بە مانا قوڵ بەکار دێنێ وەك «راگەیاندنی کۆتایی» و «کۆبونەوەی خۆئامادەکردن» و «ئەڵقە دیراسییەکان». ئاشکرایە کە دەستەواژەی «راگەیاندنی کۆتایی» لە کۆتایی کۆبونەوەو کۆنگرەکانی حزبە سیاسییەکاندا زۆر بەکار دێ. هەرچەند دیکۆمێنتەکە کاتی کۆبونەوەکەی دیاری کردووە کە لە ١٥ی حوزەیراندا دەستی پێ کردووەو لە ٢٠ی حوزەیراندا کۆتایی هاتووە، بەڵام شوێنی کۆبونەوەکەو ژمارەی ئامادەبووەکانی ئاشکرا نەکردووە.

ناوەڕۆکی راگەیەندراوەکە دەری دەخا کە رێکخراوەکە لەو کاتەدا هەنگاوی کارای بەرەو پێگەیشتن بڕیوەو زۆر لە خۆڕاگەیاندن نزیك بووە، بەتایبەتی کە دەستەواژەی «کۆبونەوەی خۆئامادەکردن» کە لە ناونیشاندا بەکار هاتووە، شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کە رەوتەکە خۆی بۆ دوایین قۆناغی ئامادە کردووە کە قۆناغی راگەیاندنی جیابونەوەیە لە کۆمەڵەی رەنجدەران.

دیکۆمێنتەکە زۆر بە فراوانی وشەی «کۆمۆنیزم» بەکار دێنێ. ئەمەش لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەراندا شتێکی باو نەبوەو لە ئەدەبیاتی فیکریدا زۆر بە دەگمەن بەکار هاتووە، تەنانەت لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا لە ساڵی ١٩٨٤، بەکارهێنانی وشەی «کۆمۆنیزم» لە نوسینە ئایدیۆلۆژی و فەرمییەکاندا بە تەواوی قەدەغە کرا.

دیکۆمێنتەکە زۆر بە رونی تێزی خۆ بە کۆمۆنیست ناسین دەردەبرێ و لە رەوتی باس کردنی بزوتنەوەی چەپی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشانی داوە کە «ئێمە وەك رەوتێکی مارکسی- لینینی... خۆمان بە بەشێك لەو بزوتنەوە کۆمۆنیستییە دەزانین».

جەخت کردن لەسەر خۆجیاکردنەوە لە کۆمەڵەی رەنجدەران، سیمایەکی رونی دیکۆمێنتەکەیە. مایەی تێڕامانە کە دیکۆمێنتەکە ئاماژە بۆ مێژویەکی تایبەت بە رێکخراوەکە دەکا کە جیایە لە مێژوی کۆمەڵەی رەنجدەران. جەخت کردن لەسەر مێژوی جیاواز، نەك مێژوی هاوبەش، لە هەموو بابەتەکانی تر زۆرتر بایەخی پێ دراوەو لە ئەجێندای کۆبونەوەکەدا خراوەتە پێشی پێشەوەو لە یەکەم رۆژی کۆبونەوەکاندا لە ژێر سەردێڕی «مێژوی رەوتەکەمان بە لایەنە گەش و خامۆشەکانییەوە» تاوتوێ کراوە.

دیباجەی دیکۆمێنتەکە بە زمانی کۆ داوا دەکا «ڕێبازی کۆمۆنیستانە بچەسپێنن، ناوەڕۆکی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە گیاکەڵەی ناسیۆنالیستی، پۆپۆلیستی و ریڤیژیۆنیستی بپارێزین و نەهێڵین یاری بە چارەنوسی کرێکاران و زەحمەتکێشان بکرێ و ڕێبازی چەواشەیان بەسەردا بسەپێنرێ». دەقەکە ئاماژەی گرنگی بۆ میتۆدی بیرکردنەوەی کادیرەکانی ڕەوتەکە تێدایە. بە کردەوە، دەستەواژەکان زۆر بە وردی بەکار هێنراون بۆ ئەوەی بە ڕونی مەبەستەکانیان بپێکن و پەیامەکان بگەیەنن. پەرەگرافەکە زۆر بە چڕی، ناکۆکییە فیکرییەکانی ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی دەربڕیوە. دەقەکە مارکسیزمی کردۆتە دوو جۆر: مارکسیزمی شۆڕشگێڕو مارکسیزمی ناشۆڕشگێڕ. دەستەواژەی یەکەم بۆ ڕەوتەکە دەگەڕێتەوە کە نوێنەرایەتیی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەکاو هی دووەم بۆ ڕکابەرەکەی دەگەڕێتەوە کە باڵی سکرتێری کۆمەڵەیە کە بەپێی ناوەڕۆکی دەقەکە ناتوانێ لافی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لێ بدات. بەپێی ناوەڕۆکی دەقەکە، ڕەوتەکە نوێنەرایەتیی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەکا کە پێویستە لە «گیاکەڵەی ناسیۆنالیستی، پۆلۆلیستی و ریڤیژیونیستی» بپارێزرێ. سێ دەستەواژەکەی ناسیۆنالیستی و پۆپۆلیستی و ریڤیژیونیستی، لە ناوەڕۆکدا ئەو تۆمەتانەن کە کادیرەکانی ڕەوتەکە دەیانخستە ملی نەوشیروان مستەفا و باڵەکەیەوە و وایان نیشان دەدا کە ستراکچەری فیکریی کۆمەڵە مارکسیزم و بیروباوەڕی چینایەتیی لێ دەرهێنراوەو سیخناخ کراوە بە بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی و پۆپۆلیستی و لادان لە مارکسیزمی ڕاستەقینە.

لە درێژەی ساغ کردنەوەی مێژوی ڕەوتەکەدا، دیکۆمێنتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە بە بایەخەوە ئەم بابەتەی تاوتوێ کردووە و بۆی دەرکەوتووە کە «ئەم ڕەوتە لە دەرکردنی (ڕۆژنامەی) ئاڵای شۆڕشەوە سەری هەڵنەداوە، بەڵکو کۆنەو چەندین قۆناغی بڕیوەو چەندین ڕوداوی دیوە... هەموو ئەوانە پێویستیان بە پێداچونەوەیەکی هەمەلایەنە هەیە بۆ ئەوەی یەك هەڵوێستی مێژویی زانستیی لەسەر دەربڕدرێ». دەقەکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ هەوڵ بدرێ «مێژوومان» کوێر نەبێتەوە. هەرچەند ئەم بیرۆکەیە بە ناڕۆشنی گوزارشتی لێ کراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا لە هەوڵێك بۆ چەسپاندنی جیاوازییەکان بەولاوە هیچی تر نیە.

دیکۆمێنتەکە هیچ هێرشێکی بۆ سەر بیروباوەڕی کوردستانی تێدا نیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە لایدا نەچووەو پشت گوێی خستووە. لە بەرامبەردا، لە هیچ دەقێکدا بونی ڕێکخراوی مارکسیستی کوردستانیی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵام زۆربەی تێزەکانی دیکۆمێنتەکە لە عیراقێکی یەکگرتوو دەدوێن و بەپێچەوانەی بیروباوەڕی کوردستانییەوە کە جەخت دەکاتە سەر بونی چینی کرێکارانی کوردستان، دیکۆمێنتەکە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە «کرێکارانی عیراق لە ڕوی چینایەتییەوە وەك یەك چین ڕوبەڕوی سەرمایەدارانی عیراق دەبنەوەو ئامانجی چینایەتیی ناوخۆیی کۆیان دەکاتەوە». ئەم ڕستەیە زۆر لە تێڕوانینی عیراقچێتییەوە نزیکە بەڵام تا ئەو ئەندازەیە یەکلاکەرەوە نیە کە بیروباوەڕی عیراقچێتیی پێ پشتڕاست بکرێتەوە.

دیکۆمێنتەکە ڕوخاندنی ڕژێمی عیراقی کردۆتە دروشمی «سەرەکی» و بە شێوەیەکی واقیعییانە ئەوەی سەلماندووە کە کوردستان و بزوتنەوە دیموکراتییەکەی «لە هەلومەرجی ئێستاماندا» ڕۆڵێکی گەورەی لەم بوارەدا هەیە. بەپێی دیکۆمێنتەکە، پاش ڕوخانی ڕژێمی عیراق دەبێ «حکومەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان» لە عیراق بێتە سەر کارو کۆمارێکی

شۆڕشگێڕ دابمەزرێ بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی هەنگاونان بەرەو سۆسیالیزم دابین بکات. لەم سەروبەندەشدا دیکۆمێنتەکە جەخت دەکاتە سەر پێویستیی سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد لە عیراق و بە شێوەیەکی هاوسەنگ ئاماژە بە مافی جیابونەوەو مافی یەکگرتنەوە دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دیکۆمێنتەکە بە راشکاوانە دەری دەبڕێ کە «ئەگەرچی ئێمە یەکگرتنمان لە جیابونەوە پێ باشترە، بەبێ دابین کردنی ئەم مافی چارەنوسە بە گوفتارو کردار، مەحاڵە بتوانین تاکە هەنگاوێکی قۆناغی دیموکراتی تێپەڕێنین و باش لە سۆسیالیزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بگەین».

لە دیکۆمێنتەکەدا مارکسیزم، وەك لای هەموو گروپێکی شۆڕشگێڕی رادیکاڵ باوە، لە ئاستی پیرۆزی دایەو بە چرای رۆشنکەرەوەی رێگا دانراوە. دەقەکە لە ژێر سەردێڕی «هەڵوێستێکی ئینتەرناسیۆنالیستی» دا بەم جۆرە دیدی خۆی بۆ مارکسیزم دەردەبڕێ «مارکسیزم- لینینیزم وەك بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا، لە کۆنەوە تا ئێستا، لە دوو مەیدانی سەرەکی گرەوی خەباتی بردۆتەوە، یەکێکیان خەباتی شۆڕشگێڕانەیەتی دژی سەرمایەداران، دووهەمیان ململانێی زانستییانەیەتی دژی هەلپەرستان. ئەم دوو مەیدانە سەرەکییەی خەبات هەمیشە دوو دیوی لێك جیا نەبوی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بووە». هەرچەند دەقەکە مەسەلەکەی بە رەهایی وەرگرتووە بەڵام کۆکردنەوەی هەردولا دەستەواژەی «مارکسیزمی شۆڕشگێڕ» و «هەلپەرستان» لە یەك دەقدا، مایەی هەڵوەستە کردنە. سەرەڕای رەهایی دەقەکە، ئاماژەکان زۆرتر بە لای گێڕانەوەی دۆخێکی پراکتیزەکراودا دەچن، ئەویش دۆخی ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانە. دەقەکە ئاماژە بە رەوتێکی شۆڕشگێڕ لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەران دەکات کە نوێنەرایەتیی مارکسیزمی راستەقینەو «شۆڕشگێڕ» دەکات و لەو سەر رەوتێکی دژ هەیە کە لە مارکسیزم لایداوەو بە هێواشی و وردە وردە بۆ بنکۆڵ کردنی مارکسیزم دەجوڵێ و ئەم رەوتە ئاراستەیەکی هەلپەرستانەو دووڕووی هەیە. دەقی دادێ رونتر بۆ مەسەلەکە دەچێ و وای دادەنێ کە هەر گروپێکی شۆڕشگێڕ روی لە خەباتدا بێ دژی ملۆزمی «سەرمایەداران» بە تەنها و مەیدانی خەباتی دژی ملۆزمی «هەلپەرستان» فەرامۆش کردبێ «هەرگیز نەیتوانیوە ریزی کرێکاران و کۆڕی خەباتی چینایەتییان، کۆمۆنیستانە بەرجەستە بکات و رێ لە کنەکردنی بورژوازییەکان لە ناو ریزی سەربەخۆی کرێکاران بگرێ».

ئەو بیرۆکە رونەی کە دەقەکە بانگەشەی بۆ دەکا، ئەوەیە کە «بورژوازییەکان» دزە دەکەنە ناو بزاڤی شۆڕشگێڕی کرێکاران و گەندەڵی دەکەن. دەقەکە پاش ئەوەی ناوی ژمارەیەك رەوتی لادەرو شێوێنەری مارکسیزم ریز دەکا لەوانە ئۆرۆکۆمۆنیزم، سۆسیال دیموکراسی، تیۆریی سێ جیهان، گەشەی ناسەرمایەداری و پۆپۆلیزم، پابەندبونی خۆی بە «تەنها سەرچاوە ئەسلییەکانی مارکسیزم- لینینیزم» رادەگەیەنێ کە خۆیان لە «شاکارە فەلسەفی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و جەنگی و سیاسییەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین»دا دەبیننەوەو ئەمانە بە «سەرچاوەی پاك و دەست تێوەرنەدراوی مارکسیزم- لینینیزم» دەزانێ.

دەقەکە دوای ئەوەی کە سەرچاوە بێگەردو رەسەنەکانی مارکسیزم دیاری دەکا، رەخنە لەو قۆناغە دەگرێ کە تێیدا کۆمەڵەی رەنجدەران پەیڕەویی لە ماویزم کردووەو بە شێوەیەکی «کوێرانە» شوێن پێی تێڕوانینەکانی چینی هەڵگرتووە. دەقەکە داواکارە هەڵوێستێکی رون بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤێت

گەلاڵە بکرێ و دان بـەوەدا دەنـێ کە «بۆچونی جیاواز لەم بارەوە زۆرە» و داوا لە ئەڵقە دیراسییەکان دەکات «بۆ ئەم مەبەستە، بە گەرمی و بە وردی، بکەونە دیراسە کردن... تا بتوانین لە پاشەڕۆژدا یەك هەڵوێستی راست و دروستی لەسەر دەرببڕین». لە راستیدا مشتومڕ لەسەر ئەم مەسەلە ئایدیۆلۆژییانە لە ناو گروپەکەدا زۆر گەرم و گوڕ بوو بە رادەیەك کە دواتر، پاش راگەیاندنی « ئاڵای شۆڕش» بە شێوەیەکی فەرمی، زۆر گێرە و کێشەی لێ کەوتەوەو بووە مایەی لەتبون و پەرتەوازەیی.

لەسەر ئاستی عیراق، دیکۆمێنتەکە پشتگیریی کۆتایی هێنان بە جەنگی عیراق- ئێران و روخاندنی رژێمی عیراق و دامەزراندنی رژێمێکی شۆڕشگێڕ دەکات و بەم چەشنە گوزارشت لەم ئامانجە دەکات «ئیتر، ئێستا و بۆ هەمیشە، ئەرکی سەر شانی کۆمۆنیستەکانە کرێکاران و زەحمەتکێشان هۆشیار بکەنەوە، رێکیان بخەن، سازیان بدەن، ئەو راستییەیان بۆ بسەلمێنن کە تەنیا رێگای شۆڕشگێڕانە بۆ دابین کردنی ئاشتیی یەکجارەکی، بۆ بنەبڕکردنی جەنگ و کارەساتەکانی، بۆ پاراستنی عیراق و پاراستنی سەربەخۆیی عیراق، بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات و سڕینەوەی شوێنەواری جەنگ، بە تەنیا هەر خەباتی چینایەتیی شۆڕشگێڕانەی ئـەوان و باقی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەیە بۆ روخاندنی رژێمی سـەرمایـەداری فاشیست و دامـەزرانـدنـی کۆماری دیموکراتی شۆڕشگێڕی کرێکاران کە تاکە دەستەبەری ئازادی و دیموکراسی و مافی چارەنوسی گەلی کوردیشە».

دیکۆمێنتەکە لە رەوتی شیکردنەوەی بارودۆخی عیراقدا تێڕوانینێکی رادیکاڵانەی هەرە توندڕەو دەردەبڕێ و بورژوازیی کورد و عەرەبی عیراق لە بەرەی گەل دەردێنێ و متمانە بە وردە بورژوازیی شارەکانیش ناکا. بەپێی دەقەکە « لەم بوارەدا بورژوازیی عیراق بە هی کوردستانیشەوە وابەستەی بازاڕی ئەمڕۆی ئیمپریالیزمە، دژی بزوتنەوەی نیشتمانی و کرێکاران و زەحمەتکێشانەو لە بەرەی گەل وەکو چین چۆتە دەرەوە. ماوەتەوە بورژوازیی بچوك کە تەنها ئەوەندەی بڕست تێدا ماوە، وەك چینێکی ژێردەستی نەتەوەی ژێردەست، تا رادەیـەك دەور ببینێ. کەچی لە بری ئەوەی ئەم دەورە وەك پێویست ببینێ، بەرژەوەندیی تەسکی خۆی دەخاتە سەروی هەموو مەسەلەیەکەوە کە ئەمەش ناوەڕۆکی راستەقینەیەتی».

دیـکـۆمـێـنـتـەکە زۆر دژی شــەڕی نـاوخـۆیـەو پێی وایـە بەردەوامبونی ئەم شـەڕە ئاکامی خراپی لێ دەکـەوێـتـەوە، بـەڵام لە روانـگـەی چینایەتییەوە دەڕوانێتە شەڕەکەو بە شەڕی نێوان «هێزە بورژوازییە جیاجیاکانی کوردستان» دایدەنێ کە بۆتە مایەی «دڵـسـاردبـونـەوەی خەڵکی شـارو زەحمەتکێشانی لادێ» و لەم سەروبەندەدا «لە روانگەی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە» ئەو پەیامە ئاراستەی «کرێکاران و زەحمەتکێشان و رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان» دەکات کە «چیدیکە بۆ بەرژەوەندیی بورژوازییەکان لەم شەڕە شومەدا بەشدار نەبن».

دیکۆمێنتەکە «پەیامێکی ئـاواڵـە» ئاراستەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی «هۆشیار» بۆ «دروست کردنی رێکخراوێکی کۆمۆنیست» دەکات، ئەویش بۆ «جەنگین دژی دوژمنانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، دژی دوژمـنـانی بزوتنەوەی کۆمۆنیست لە روی فەلسەفی و تیۆری و فیکری و سیاسی و خەباتی تـونـدوتـیـژەوە، بـۆ بڕینی قـۆنـاغـی دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە، بۆ بەستنەوەی ئەو قۆناغە بە سۆسیالیزم و گواستنەوە لە سۆسیالیزمەوە بەرەو کۆمۆنیزم». دەقەکە جەخت دەکاتە سەر بەرنامەڕێژی بۆ دابین کردنی راپەڕینێکی فراوان لە سەرتاسەری عیراق بۆ

روخاندنی رژێمی عیراق و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە بێ پشت بەستن بە بیروباوەڕی مارکسیستی «هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی شۆڕشگێڕانە دەستەبەر نیە».

وەك لە ناوەڕۆکی بابەتە تاوتوێکراوەکانی کۆبونەوەی یەکەمی خۆ ئامادەکردندا دەردەکەوێ، گروپەکە لە پاش کۆنفرەنسی دووەمی ساڵی ١٩٨٢ ی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە بە خشکەیی جوڵاوەو وەك فراکسیۆنێکی نهێنی لە ناو کۆمەڵە و هەروەها لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کردووەو بە شێنەیی بیروڕاکانی خۆی گەڵاڵە کردووە تا لە کۆتاییدا توانیویەتی ستراکچەری ئایدیۆلۆژیی تایبەت بە خۆی پێك بهێنێ و وەك گروپێکی جیاواز بجوڵێ.

زانینی بنەما فیکرییەکانی گروپەکە، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی هۆکانی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەران و نەسازان لە نێوان نەوشیروان مستەفا و سەرکردەکان باڵی ئۆپۆزیسیۆن.

لەم سەروبەندەدا لە درێژەی وتووێژی نێوان سەرکردەکانی رەوتەکەو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بیرۆکەی مانەوەی رەوتەکە وەك باڵی سێیەم لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاتە ئاراوە، بەڵام رەوتی روداوەکان و هەڵکشانی ئاستی گومان و دڕدۆنگی، چانسێکی زۆری بۆ سەرکەوتنی بیرۆکەکە پێك نەهێنا. لەو ماوەیەدا سەرکردەکانی رەوتەکە لە کۆبونەوەیەکدا کە لە گوندی تەکیە بەسترا، لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە ناوی « ئاڵای شۆڕش»، ئەو رۆژنامەیەی کە شاسوار جەلال لە ساڵی ١٩٧٧دا دەری کردبوو، بۆ گۆڤاری فیکریی رەوتەکە بەکار بهێنن. دواتر، هەر ئەم ناوە بووە ناوی رەوتەکە.

لە تشرینی دووەمی ١٩٨٥دا، کۆبونەوەی بچوککراوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری دەستگیرکردنی سەرکردە سەرەکییەکانی باڵەکەی دا. لەم سەروبەندەدا سێ سەرکردەی باڵەکە، هەر یەك لە مەلا بەختیار و پشکۆ نەجمەددین و مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ عەلی دەستگیر کران و بۆ ماوەیەکی زۆر بە دەستبەسەری هێڵدرانەوە.

سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دڵنیا بوو کە رەوتی روداوەکان بەرەو جیابونەوەی باڵی «ئاڵای شۆڕش» دەچێ. کێشەکە لە جیابونەوەی باڵەکەدا نەبوو، بەڵکو کێشەکە لە دابەشبونی هێزی پێشمەرگەو ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆدا بوو، بەتایبەتی کە یەکێتیی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٧٩دا بە ئەزمونێکی دژواری هاوشێوەدا تێپەڕی بوو، کاتێك بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرکردایەتیی رەسول مامەند لە یەکێتیی نیشتمانی جیا بۆوەو لە ئەنجامدا هێزی پێشمەرگە بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوو و لە کۆتاییشدا پرۆسەکە شەڕی ناوخۆی لێ کەوتەوەو گەیشتە ئەو رادەیەی کە جیابووەکان لە ساڵی ١٩٨٠دا لە چوارچێوەی بەرەی جوددا هاوپەیمانییەکی سیاسی- عەسکەرییان لەگەڵ هەر یەك لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا. ئەگەری دوبارەبونەوەی ئەم سیناریۆیە ئەگەرێکی زۆر بوو. هەر ئەمەشە وای لە سەرکردایەتی کرد دەستوبردی لێ بکاو بە زوترین کات بابەتەکە بە لایەکدا بخات.

لە ١٥-١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٨٥دا پلینۆمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کە لە بەرگەڵوو بەسترا، بە زۆرینەی رەهای دەنگ بڕیاری پاکتاوکردنی جەستەیی سەرکردەکانی باڵی ئاڵای شۆڕشی دا. بەڵام کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیارەکەی پەسند

نەکرد، بۆیە پلینۆم پاکتاوکردنەکەی لە جەستەییەوە کردە سیاسی و بڕیاریدا سەرکردە گیراوەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بە دەستبەسەری بهێڵدرێنەوە.

پاش دەستگیرکردنی سەرکردەکانی، ئالآی شۆڕش پەراگەندە بوو. ژمارەیەکی زۆری کادیرەکانی وازیان لێ هێناو بەردەوام بون لەسەر کارکردن لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانی. ژمارەیەکیشیان وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنا، ژمارەیەکی دیکەشیان بارەگایان لە ئێران داناو پەیوەندییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق دروست کرد.

لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا شاڵاوێکی توند کرایە سەر لایەنگرانی باڵی ئالآی شۆڕش. لە بەرامبەریشدا لایەنگرانی باڵەکە لە ئەوروپاو ئێران هێرشی توندیان کردە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و زۆر شەرمەزاریان کرد.

لە شوباتی ١٩٨٨ دا لە کاتی گواستنەوەی بۆ دۆڵەکۆگە، پشکۆ نەجمەددین لە شاری سەردەشت رایکرد، خۆی رادەستی بنکەیەکی سوپای پاسدارانی ئێران کردو مافی پەنابەریی لە ئێران وەرگرت. دوا بە دوای ئەمە، مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر پاش ماوەیەکی کەم ئازاد کرا، بەڵام ئازادکردنی مەلا بەختیار تا هاوینی ١٩٨٩ دوا کەوت.

لە رەوتی کارکردندا «ئالآی شۆڕش» بارەگای سەرەکیی لە ئۆردوگای زێوەی ناوچەی ورمێ لە ئێران دانا، لە ناو شارەکانی کوردستانیش و هەروەها لە ئەوروپا رێکخستنی خۆی هەبوو.

لە بەهاری ١٩٩٢دا رێکخراوی «ئالآی شۆڕش» لە هەوڵێکدا بۆ پتەوکردنی پێگەی چەپ لە ناو بزوتنەوەی سیاسیی کوردستاندا، خۆی هەڵوەشاندەوەو تێکهەڵکێشی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو. لە ٢٤ی تەموزی ١٩٩٣ دا باڵی «ئالآی شۆڕش»ی ناو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، گروپێکی بە ناوی پەیڕەوی یەکگرتن پێکهێنا، بە دەم بانگەوازەکەی تاڵەبانییەوە بۆ یەکگرتنەوەی چەپەکان چوو، وازی لە حزبی زەحمەتکێشان هێناو گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

*کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

*پلینۆمی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

*کۆمیتەی هەرێمەکان.

*ئالآی شۆڕش (رۆژنامە).

*راپۆرتی شوبات.

*زەڵێ (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکان)

## پاشکۆ

## چەند پەرەگرافێك لە راگەیاندنی کۆتایی یەکەم کۆبونەوەی ئامادەکردنی ئەڵقە دیراسییەکان (١٩٨٥)

لە ناو ئەم جیهانە گەورەیەدا، خەباتی مارکسیستە لینینیستەکان تایبەتمەندیی هەیە کە پێمان وایە دەبێ شان بە شانی مەسەلە چینایەتییەکان، سەرەنجامی خەباتیان و هۆی شکستی کرێکاران و سەرکەوتنی بورژوازییەکان باسی لێوە بکرێ. ئێمە وەك رەوتێکی درێژەدەری ئەم راستییە کە ئەم تایبەتمەندییە دەمانگرێتە خۆی، بەشێکی گرنگی ئەو ئەرکەمان دەکەوێتە ئەستۆ کە ناکرێ و نابێ وەك بورژوازییەکان و وەك ریڤیژیونیستەکان لە بەرژەوەندیی

تەسکی حزبایەتییەوە بڕوانینە رابردوو و بە ئارەزوی ئایندەمان مێژوومان داڕێژین. باسکردنی زانستی مێژوو ئەمانەتێکی مێژوییە کە مەحاڵە بشێوێنرێ و ئارەزومەندانە لە قاڵب بدرێ. بۆیە یەکێك لە بڕیارە گرنگەکانی کۆبونەوەکەمان، تەنانەت یەکەم بابەتی کۆبونەوەکەمان، لێتوێژینەوەی ئەم مەسەلەیە بوو کە مشتومڕێکی زۆری لەسەر کرا تا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەم رەوتە لە دەرکردنی (رۆژنامەی) ئاڵای شۆڕشەوە سەری هەڵنەداوە، بەڵکو کۆنەو چەندین روداوی دیوەو لایەنی چاکەو خراپەی هەیە. هەموو ئەوانە پێویستیان بە پێداچونەوەیەکی هەمەلایەنە هەیە بۆ ئەوەی هەڵوێستی مێژویی زانستیی لەسەر دەرببڕدرێ. ئەمەش بە بێ بەڵگەی مێژویی، بە بێ باسکردنێکی دورو درێژ، بە بێ دیاریکردنی قۆناغەکان و بە بێ لەبەر دەست بونی نوسراوەکان، رادەربڕینی خێرا لەسەری لۆژیکی مێژوو لەدەست دەدا. بۆیە داوامان وایە تەواوی ئەڵقە دیراسییەکان ئەم ئەرکە بە ئەرکێکی گرنگی خۆیان بزانن و هەمومان پێکەوە هەوڵ بدەین ئەم ئەرکە رابپەڕێنین و نەهێڵین مێژوومان کوێر بێتەوە. هەر بە راپەڕاندنی ئەم ئەرکە، دەتوانین بە چەشنێکی زانستی، چاکە و گەشیی رابردوو بە ئێستاوە ببەستینەوە و خراپە و خامۆشیی رابردوو دوپات نەکەینەوە. پێکەوە گرێدانی رابردوو و ئێستامان، ئایندەمان لا رۆشنتر دەکات و شاڕێی سەرکەوتنمان دەنەخشێنێ.

****

لەگەڵ رژێمی وادا کە ناکۆکیی بنچینەیی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشان هەیەو دوژمنی سەرەکیی چینایەتییانەو داگیرکەری کوردستانە، هیچ جۆرە سیاسەتێکی سازشکاری و پەرلەمانی و ریفۆرمیستی سودی نیەو دژی سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانە، دژی کوردو کەمە نەتەوەکانەو ئەمە سیاسەتێکی کورتە بورژوازییانەی هەناسە کورتە.

بۆیە ئەرکی مێژویی کۆمۆنیستەکان، وەك ئاڵا هەڵگری کرێکاران و زەحمەتکێشانی هۆشیار بەرامبەر بە رژێمی فاشیست و تەواوی رژێمە سەرمایەدارییەکان، بەرزکردنەوەی دروشمی روخاندنیانە، سەرەنگون کردن و سڕینەوەی شوێنەواری چەوسێنەرانەیانە. بۆیە ئێمەش بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی دەزانین و بێ پێچ و پەنا دروشمی روخاندنی رژێمی فاشیست بەرز دەکەینەوەو بێ گوێدانە دوریی رێ و سەختیی بەدیهێنانی، لەپێناویدا درێژە بە خەبات دەدەین. رێگای شۆڕشگێڕانەی روخاندنەکەشی تەنها راپەڕینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان و سەربازو ئەفسەرو کاسبکارو مامۆستاو گشت ئازادیخوازێکی ئەم وڵاتەیە. لە هەلومەرجی ئێستاماندا کوردستان و بزوتنەوە دیموکراتییە رەواکەی گەلی کورد لە هەموو رویەکەوە دەورێکی گەورەو کاریگەری هەیەو پێویستە مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان تێیدا شۆڕشگێڕانە خەبات بکەن و بەرنامەی لایەنی کەمی کرێکاران و زەحمەتکێشانی تێدا پیادە بکەن و دروشمە پێویستەکانی کێشەکانی بزوتنەوەکە بەرز بکەنەوە. هەروەها راشکاوانەو لە هەموو لایەك باشتر بەرنامەی مافی چارەنوسی گەلی کوردو کەمە نەتەوەکان دیاری بکەن و بە بەرنامەی راست و بەکردەوەی شۆڕشگێڕانە رێبەریی بزوتنەوەکە بگرنە دەست و بۆ روخاندنی رژێم، لەگەڵ ئەو راپەڕینە سەرتاسەرییە جوتی بکەن.

****

أ-مەبەست لە دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە کۆماری دیموکراتیکی کرێکاران و زەحمەتکێشانە (جوتیارانی هەژاریش دەگرێتەوە) کە لەبەر زاڵیی سیستمی ئابوریی سەرمایەداری و یەك جۆرە ناکۆکیی نێوان کارو سەرمایە لە وڵاتەکەدا، بەدیهاتنەکەی تەنها

لەسەر ئاستی عیراق دەبینین و لەبەر یەکێتیی ویستی چینایەتی و ئامانجی ناوخۆیی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەدیهێنەرەکەشی تەنها لە حزبی پێشڕەوی کرێکاراندا بەدی دەکەین کە بتوانێ دیکتاتۆریای کرێکاران و زەحمەتکێشان بێنێتە دی و ئەرکەکانی قۆناغی دیموکراتی تەواو بکات و بە سۆسیالیزمەوە بیبەستێ.

ب-مەبەست لە ئازادی، لە کاتێکدا کە رژێمی فاشیستی عیراق تەنها لەسەر وشەی ئازادی ئازادیخوازان لەناو دەبات، ئێمە دابین کردنی ئازادیی بێ قەیدو شەرت بە ئەرکێکی گرنگی کۆماری کرێکاران و زەحمەتکێشان دەزانین، واتە ئازادیی بیروڕا، ئازادیی کۆمەڵایەتی، ئازادیی سیاسی، ئازادیی نەقابی (سەندیکالیستی)، ئازادیی ئافرەتان، ئازادیی مەزهەب و بیروڕا دەربڕین و هەموو جۆرە ئازادییەکی تر کە هەموو جۆرە چەوساندنەوەو گوشارێك لەسەر پێشکەوتنخوازان لابەرێ و مرۆڤ سەربەست بکات و کۆمەڵ بەختیار بکات. هەر بۆیە پاش دیموکراسی، ئازادی داوا دەکەین چونکە بەبێ ئازادی نە دیموکراسی مانای هەیەو نە کێشەکان چارەسەر دەکرێن و نە میللەتی ژێردەستەش مافی چارەنوس دەبینێ.

ج-مەبەست لە مافی چارەنوس ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان لە ناو هەر وڵاتێکی فرە میللەتدا دەژین، شان بە شانی داوای یەکێتیی ئامانجی پرۆلیتاریا، یەکێتیی ویستی پرۆلیتاریا، یەکێتیی رێکخراوەیی پرۆلیتاریا، مافی چارەنوسی بێ قەیدو شەرتی میللەتانی ژێردەستەش بسەلمێنن و باشترین رێگای یەکگرتنی کرێکارانی وڵاتانی فرە میللەتی لە جیابونەوەی ئارەزومەندانەی میللەتان و ئینجا لە یەکگرتنەوەی کرێکارانی ئەو میللەتانەدا دەبینن. تەنها کۆمۆنیستەکانن دەتوانن، بە راستی و راشکاوی، ئەم مافە دیاری و دابین بکەن چونکە ئەمان بۆ فێڵ و مەرامی تایبەت دروشمی مافی چارەنوس هەڵناگرن.

ئێمەش لە عیراقدا، وەك وڵاتی هاوبەشی برایانەی عەرەب و کوردو کەمە نەتەوەکان، بە ئەرکی بنچینەیی تەواوکردنی قۆناغی دیموکراتیی دەزانین کە مافی چارەنوسی کوردو کەمە نەتەوەکان بهێنینە دی. ئەم مافە بۆ کورد واتە جیابونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی عیراق و یەکگرتنەوەی لەگەڵ باقی پارچەکانی کوردستان، هەروەها واتە دامەزراندنی یەك دەوڵەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕ لە عیراق کە کوردستان لە سایەیدا تەواوی مافی نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، دیپلۆماسی، فەرهەنگی، ئابوری و رێکخراوەیی دابین دەکرێ و هیچ جۆرە گوشارو فشارێکی نەتەوەگەریی نەتەوەی سەردەستی لەسەر نامێنێ. هەر بەمەش یەکێتیی ریزی کرێکارانی وڵاتەکە بەرامبەر بە دوژمنانی چینایەتیمان دەپارێزرێ و دەچەسپێ.

( بە هیواین لە ئایندەدا بەشێکی گرنگی بەرنامەی لایەنی کەممان پرۆژەیەکی تایبەتی تێدا بێ سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستان، تێیدا لە روانگەی پرۆلیتاریاوە مافە رەوا دیموکراتییەکانی گەلەکەمان دیاری دەکەین).

بۆ کەمە نەتەوەکانیش، جگە لە دابین کردنی تەواوی مافە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، تەنانەت ئەو مافەشیان لە کۆماری دیموکراتی شۆڕشگێڕدا بۆ دەسەلمێنرێ کە وەکو کەمە نەتەوەیەك کە بە حوکمی زەمانەو روداوە ناهەموارەکانی مێژوو لە نیشتمان و نەتەوەی خۆیان دابڕاون و لە عیراق نیشتەجێ بون، ئەو مافەیان بۆ دەسەلمێنرێ کە دڵخوازانە بتوانن بچنەوە سەر نەتەوەو نیشتمانی دایکیان لە هەر جێیەکی ئەم سەرزەمینە.

دەوڵەتی کرێکاران لەم بارەیەوە نەك هەر دەبێ ڕێگایان بدات، بەڵکو دەبێ یارمەتیشیان بدات و بەم مافە بەختیاریان بکات. ئەگەرچی ئێمە یەکگرتنمان لە جیابونەوە پێ باشترە، بە بێ دابین کردنی ئەم مافی چارەنوسە بە گوفتارو کردار، مەحاڵە بتوانین تاکە هەنگاوێکی قۆناغی دیموکراتی تێپەڕێنین و باش لە سۆسیالیزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بگەین.

****

مارکسیزم- لینینیزم وەك بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا، لە کۆنەوە تا ئێستا، لە دوو مەیدانی سەرەکی گرەوی خەباتی بردۆتەوە، یەکێکیان خەباتی شۆڕشگێڕانەیەتی دژی سەرمایەداران، دووەمیان ململانێی زانستییانەیەتی دژی هەلپەرستان. ئەم دوو مەیدانە سەرەکییەی خەبات هەمیشە دوو دیوی لێك جیا نەبوی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بووە، لەوەتەی پەیدا بووە تا ئێستا، هەر لاو حزب و شۆڕشێك لایەکی بەسەر لاکەی تردا زاڵ کرد بێ و تەنها گرنگیی بە مەیدانێکی دابێ، ئەوا هەرگیز نەیتوانیوە ریزی کرێکاران و کۆڕی خەباتی چینایەتییان کۆمۆنیستانە بەرجەستە بکات و رێ لە کنەکردنی بورژوازییەکان لە ناو ریزی سەربەخۆی کرێکاران بگرێ. لە مەیدانی یەکەمدا سەرمایەداران بە راشکاوی سەنگەر لە کرێکاران و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەگرن و هەموو توانایەکیان بۆ ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی خەباتی کرێکاران و سەرنەکەوتنی مارکسیزم بەکار دەهێنن. لە مەیدانی دوهەمیش، کە هەر سەرمایەدارەکانن سەنگەری تێدا دژی کرێکاران و مارکسیزم دەگرن، بەڵام بینای دروست کردنی ئەم سەنگەرە دوای پەرەسەندن و سەقامگیربون و سەرکەوتنی مارکسیزم بە جۆرێکی تر دروست کراوە. لەم مەیدانەدا دوای پەرەسەندنی مارکسیزم- لینینیزم و سەرکەوتنی لە دنیادا، دوای کۆبونەوەی ملیۆنان پرۆلیتاریاو زەحمەتکێشی دنیا لە دەوریدا، دوای تێکشکاندنی هەموو رەوتە بە ناو رزگاریکەرەکانی کرێکاران ، بورژوازییەکان لە ڕێگای سەلماندنی مارکسیزمەوە، هاتنە ریزی بزوتنەوەی کرێکاران و لە هەر وڵاتێ بە جۆرێ کنەیان تێدا کردو بزوتنەوەکەیان کندڕ کردو ماوەیەکی باش بزوتنەوەکەیان لادەدا، تا دەگەیشتنە دوڕیانی سەختی مێژویی و لە مەحەکی خەبات دەدران و دەستەکانیان دەکەوتە روو.

ئەم راستییانە دوای ململانێیەکی سەختی مارکسیستەکان بە رێبەرایەتیی مارکس و ئەنگلس لە ئینتەرناسیۆنالی یەکەمەوەو سەرکەوتنیان بەسەر باڵە جیاجیاکانی تردا، تا ئەمڕۆ هەر دەردەکەون.

لەوساوە تا ئێستا ئەو راستییانە پێ بەپێی پەرەسەندنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گەشەکردنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە چەندین بەرگ و رەنگدا دوپات دەبنەوە. تا سیستمی سەرمایەداریش لە جیهان بمێنێ، ئەم لادان و دژایەتی کردنە ئاشکراو نائاشکرایەی بزوتنەوەی کۆمۆنیست دەمێنێ و هەر دەم رەنگ و بەرگ دەگۆڕێ و بەردەوامیش دەبێ.

لە سەردەمی ئێستاشماندا کە ئیمپریالیزم تێیدا ئێجگار باڵادەستەو بازاڕی جیهانی کۆنترۆڵ کردووە، زانست و زانیاری گەیشتۆتە لوتکەیەکی بڵند و سەدان کاری لۆجستیکی و بانکی و ئابوری بە کۆمپیوتەر بەڕێوە دەچن. لە وڵاتە سەرمایەدارییە زۆر پێشکەوتووەکاندا، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەندازەی نیە، پارەو پول و ئیمکانیەتی سەرمایەداران لە ژمارە نایە، ڕێگاوبان و وەسیلەی گواستنەوەو هاتوچۆ، چاپ و چاپەمەنی، رادیۆو تەلەفزیۆن و ئامرازەکانی تری راگەیاندن بە هۆی مانگی دەستکردەوە سنور نازانن.

بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەمانەدا، چونکە

ئیمپریالیستەکان و سەرمایەدارەکان نەیانتوانیوەو هەرگیز ناتوانن هیچ جۆرە چارەسەرێك بۆ یاسای ناکۆکییەکان و ناکۆکیی بنچینەیی نێوان کارو سەرمایە بدۆزنەوەو هەرگیز پێیان نادۆزرێتەوە. بۆیە، چ راستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ، چ ئاشکرا چ بە کنەکردن، زۆرتر لە جارانیان (بە تەجروبەتر لە جارانیان) بە قۆستنەوەی هەڵەی حزبە بەناو کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان، دژایەتیی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دەکەن و کرێکاران دەستەمۆ دەکەن. بۆیە دەبینین شان بە شانی پێشکەوتنی سیستمی سەرمایەداری، دژایەتی کردنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ پەرەی پێ دراوە، بگرە سەرمایەداران مافی خۆیان لە دژایەتی کردنی مارکسیزم و بێ تەئسیرکردنی فیکرییانەی مارکسیزم لەسەر خەباتی کرێکاران دەبینن. بۆ ئەم مەبەستەش لادانی مارکسیزم لە ڕێبازی شۆڕشگێڕانە باشترین چەکی ژەهراویی دەستیانە. بۆیە دەبینین کاڵای ریڤیژیونیستی و بیری ریڤیژیونیستی چەندین بەرگی مۆدێرنی لەبەر دەکرێ و بایی میلۆنەها دینارو دۆلار ئیمکانیاتی چاپ و چاپەمەنی و نوسەرو دامودەزگای بۆ تەرخان دەکرێ.

گەشەکردنی ناسەرمایەداری، ئۆرۆ کۆمۆنیزم، سۆسیال دیموکراسی، تێزی سێ جیهان، نەمانی بایەخی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، پۆپۆلیزم، هتد لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو لە دیاردە هەرە زەقەکانی ریڤیژیونیزمی سەردەمن و ئاڵا هەڵگرەکانیان لە تەواوی دنیادا هەوڵی پەیڕەوی کردنیان دەدەن و ریزی پرۆلیتاریای پێ دەشێوێنن و دژایەتیی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی پێ دەکەن. ئێمە لە کاتێکدا کە بە راشکاوی دەیڵێین دژی هەموو ئەم جۆرە لادانانەین لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و لێبڕاوانە رەتیان دەکەینەوە، لە هەمان کاتدا ساغی دەکەینەوە کە تەنها سەرچاوە ئەسلییەکانی مارکسیزم- لینینیزم، واتە شاکارە فەلسەفی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و جەنگی و سیاسییەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین، بە سەرچاوەی پاك و دەست تێوەرنەدراوی مارکسیزم- لینینیزم دەزانین و باقی تەجروبەکانی جیهان بە تەجروبەی ناوچەیی دەزانین و لەم روەوە چاولێکەریی فۆتۆکۆپییانەیان هەڵەیەکی کوشندە دەبێت.

ئەوەش ناشارینەوە کە گەلێ مەسەلەی گرنگی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هەیە کە کێشەی گەورەو قوڵیان لەسەرەو هێشتا (سەبارەت بە خۆمان) هەموو جۆرە بڕیاردانێك لەسەریان بە پەلە دەزانین و سەرجەمیان، بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتانی لەمەڕ یەکێتیی سۆڤێت، لە لای خۆمان بەندی لێدوانی وردو دیراسەی زانستییانەن، بەتایبەتی کە لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ماوەیەکی زۆر، لە دژایەتی کردنی یەکێتیی سۆڤێتدا، بە بێ هیچ بنەمایەکی زانستی، دوچاری چاولێکەریی کوێرانەی چین و چەپی چینچێتی بەبێ ئەوەی تاکە بەڵگەیەکی سەلمێنراومان لەم بارەیەوە بۆ رون کرابێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە بۆچونی جیاواز لەم بارەیەوە زۆرە، بەڵام سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانستی بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونانە کەمەو ئەوەی هەشە هەر بۆچونە.

بۆیە، لەم بارەیەوە هەموو جۆرە پەلەکردنێك بە هەڵە دەزانین و داوامان وایە تێکڕای ئەڵقە دیراسییەکان بۆ ئەم مەبەستە، بە گەرمی و بە وردی، بکەونە دیراسە کردن و پەیداکردنی سەرچاوەو موناقەشە کردن تا بتوانین لە پاشەڕۆژدا یەك هەڵوێستی راست و دروستی لەسەر دەرببڕین کە دور بێ لە بڕیاری سەرپێیی و هەڵوێستی سەرپێیی. کارێکی گرنگی ئاوەها نە پەلەی دەوێ و نە کەمتەرخەمیش هەڵدەگرێ. گرنگ کۆشش کردنە لەپێناوی حەقیقەت، دور لە

سۆز و تەئسیراتی کۆنی کۆمەڵە، حەقیقەتێ کە لە خزمەتی خەباتی چینایەتی و دیموکراتیدا بێ، لە خزمەتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا بێ.

*****

لەو کاتەوەی کە کۆمەڵ بەسەر چین و توێژو دەستەی کۆمەڵایەتیی جیاجیادا دابەش بووە، لە هەوڵدانی مرۆڤدا بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیان، پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و گۆڕان و ئابوریی بەکۆمەڵ بەپێی قۆناغەکانی ژیان گەشەیان کرد. بەڵام لەو کاتەوە ناکۆکی و ململانێ لە نێوان دوو چین و دوو سەنگەری دژ بە یەك هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. هەر لە قۆناغی کۆیلایەتی و قۆناغی فیوداڵییەوە تا قۆناغی سەرمایەداری، ئەم ناکۆکییە لەگەڵ پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و شارستانێتیی کۆمەڵەوە، شێوەو تین و تاوی لە گۆڕاندا بووە. ئامرازی هۆی بەرگری و جۆری بەکارهێنانی ئەو ناکۆکییەش هەر لە گۆڕان و پێشکەوتندا بووە. بێگومان بەپێی ئاقاری مێژوو، بەپێی یاسای گەشەکردنی کۆمەڵ، سەرکەوتن هەر بۆ چینە شۆڕشگێڕەکان بووەو دەبێ.

ئەمڕۆ لە عیراقدا رژێمی سەرمایەداری باڵی رەشی چەوسانەوەی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا کێشاوە. لەبەر ئەوەی نوێنەری سیاسیی دەسەڵاتداری سەرمایەداری کۆنەپەرستی فاشیست لە عیراق بۆتە مۆتەکەی سەر سنگی هەموو خەڵکی عیراق، بەتایبەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان. بەری رەنج و ماندوبونی کرێکاران بەشی زۆری بۆ خەزێنەی فاشیستەکان دەگەڕێتەوە. لەم بوارەدا بورژوازیی عیراق بە هی کوردستانیشەوە وابەستەی بازاڕی ئەمڕۆی ئیمپریالیزمە، دژی بزوتنەوەی نیشتمانی و کرێکاران و زەحمەتکێشانە و لە بەرەی گەل وەکو چین چۆتە دەرەوە. ماوەتەوە بورژوازیی بچوك کە تەنها ئەوەندەی بڕست تێدا ماوە، وەك چینێکی ژێردەستی نەتەوەی ژێردەست، تا رادەیەك دەور ببینێ. کەچی لەبری ئەوەی ئەم دەورە وەك پێویست ببینێ، بەرژەوەندیی تەسکی خۆی دەخاتە سەروی هەموو مەسەلەیەکەوە کە ئەمەش ناوەڕۆکی راستەقینەیەتی. ئەمەش لە قوڵکردنەوەی شەڕی ناوخۆ، نەبونی دیموکراسی، وابەستەیی و سازشدا خۆی دەنوێنێ و ماهیەتی دەردەخات.

چەندین ساڵە هێزە بورژوازییە جیاجیاکانی کوردستان لە باتی ئەوەی وزەی جەماوەر لەپێناوی وەدی هێنانی مافە دیموکراتییەکانی خەڵکی کوردستان بەکار بهێنن، هێندەی خەریکی لابەلاکردنی ناکۆکیی سەرەکین، لەوە زیاتر خەریکی شەڕی ناوخۆن. نمونەش ساڵانی ١٩٦٤-١٩٧٠و لە بەرگێکی تردا ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٥ و ئێستاش هەر بەردەوامە.

شەڕی ناوخۆ لە کوردستان گەیشتۆتە رادەی دڵسارد بونەوەی خەڵکی شارو زەحمەتکێشانی لادێ، دانیشتن و وازهێنانی پێشمەرگە جوامێرەکان. سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەر بە هۆی ئەم شەڕەوە چەندین کێشەی گەورەو گچکە بۆ پێشمەرگەو کەسوکاری پێشمەرگە دروست بووە، دوژمنایەتیی زۆریان بۆ پەیدا بووەو کار گەیشتۆتە تیرۆرکردنی دەیان کەسی بەتواناو بێتاوان. ئەمەش پەڵەیەکی رەشی شەڕی ناوخۆیە.

ئێمە لە روانگەی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە رایدەگەیەنین کە نەوەستاندنی ئەم شەڕە شۆڕشی کوردستان دوچاری فەوتان دەکات، بۆیە داوامان لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان ئەوەیە چیدیکە بۆ بەرژەوەندیی بوروژوازییەکان لەم شەڕە شومەدا بەشدار نەبن، بۆ ئەوەی دەستەبەری ئەوە بکرێ کە بزوتنەوەی میللەتەکەمان شکست نەخوات و قوربانیی بێهودەش نەدرێ. مەرجی بەدیهاتنی ئەو پێویستییەش چەسپاندنی رێبازی

کرێکاران و زەحمەتکێشانە، سەرباری ڕێبەرایەتی کردنی بزوتنەوەی میللەتەکەمان لە لایەن حزبی پێشڕەویانەوە.

لەوانەیە کۆمەڵێ خەڵکی جیاجیا بڵێن مەسەلەی وەستاندنی شەڕی ناوخۆ باس کراوە، نوسراوە، پەیمانی دوقۆڵی و چوار قۆڵی و بگرە نۆزدە قۆڵیشی بۆ مۆر کراوە. ئەی بۆچی کۆتایی پێ نەهاتووەو پاش ماوەیەك سەری هەڵداوەتەوە؟ وەڵام ئەوەیە: تا جڵەوی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی دیموکراتی بە دەست بورژوازییەکانەوە بێت، شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێ نایەت. بۆیە دەبێ کرێکاران و زەحمەتکێشان هۆشیار بن و لە دەوری مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کۆ ببنەوە و ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەکە بگرنە دەست تا بتوانن کۆتایی بە کێشەکان بهێنن و سەرکەوتنی یەکجارەکی بە دەست بهێنن کە ئەویش تەنها هێنانە کایەی کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانەیە کە لە سایەیدا مافی چارەنوس دابین دەبێ. لە ڕێڕەوی گەیشتن بەم هیوایە لەم قۆناغە دژوارەدا، هەر هەنگاوێك کە پێش دەکەوین، دەبێ بیکەینە پاڵەپەستۆی شۆڕشگێڕانە بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ. بۆیە هەموو تێکۆشەرو شۆڕشگێڕو دڵسۆزێك، دەبێ هەوڵ بدا ئازادی و دیموکراسی و لانی کەمی پێکەوە کارکردن بهێنرێتە دی. ئەمەش خۆی، لە ڕوانگەی ئێمەوە، لە هاتنە دیی دروشمی ئازادی، هاوکاری، یەکێتی بۆ ڕزگاری دەبینرێ: ئازادی بۆ کاری سیاسی و سەربەستیی بیروباوەڕ، هاوکاری بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان و یەکێتیش لەپێناوی پێکهێنانی شورەی شۆڕشگێڕانە دژی فاشیستەکان بۆ ڕزگاری. ئەم ئەرکانە هیوایەکی پیرۆزی ئەم قۆناغەن کە نابێ بە هۆی هیچ بیانوویەکی فیکری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی و تەنزیمییەوە نکوڵییان لێ بکرێ. ئەمە مەسئولیەتێکی مێژوییە کە نابێ مارکسیستە لینینیستەکان بە بیانوی ئەوەی شەڕەکە شەڕی بورژوازییەکانە دەوری تەماشاکەری تێدا ببینن. بۆیە داوا لە هەموو گروپێکی مارکسیستی لینینیست دەکەین، داوا لە هەموو تێکۆشەرێك، لە هەموو شۆڕشگێڕو دڵسۆزێك دەکەین بە قەد توانای خۆیان لە بەدیهێنانی ئەم هیوایەدا، هیوای دابین کردنی ئازادی و دیموکراسی، دەور ببینن.

ئێمە لە لای خۆمانەوە بۆ پشتگیری کردنی هەموو هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانە بۆ لابەلاکردنی ناکۆکییە لاوەکییەکان، لە هیچ شتێك درێغی ناکەین و لە هەمان کاتدا سورین لەسەر ڕێبازی مارکسیزم، لەسەر پتر هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ داکۆکی کردن لە مافە دیموکراتی و چینایەتییەکانیان.

****

ئەرکی دروست کردنی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیست، واتە خۆ تەیارکردن بۆ جەنگین دژی دوژمنانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، دژی دوژمنانی بزوتنەوەی کۆمۆنیست، لە ڕوی فەلسەفی و تیۆری و فیکری و سیاسی و خەباتی توندوتیژەوە، بۆ بڕینی قۆناغی دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە، بۆ بەستنەوەی ئەو قۆناغە بە سۆسیالیزم و گواستنەوە لە سۆسیالیزمەوە بەرەو کۆمۆنیزم، بێ پێچ و پەناو بێ شاردنەوە، بەرنامەی لایەنی کەم و دوری کۆمۆنیستەکانە.

بۆ ئەم ئەرکانە، شەرەفێکی مرۆڤایەتیی مەزنە کە مرۆڤ شەرەفی کۆمۆنیستی پێ ببڕێ و لەپێناویدا تێ بکۆشێ، ماندوو بێ، بگیرێ، ئەشکەنجە بدرێ، بکوژرێ و تا دوای هەناسەی ژیان کۆمۆنیستانە بژی.

بەڵێ هاوڕێیان، شەرەفە بتوانین ببینە کۆمۆنیست

و وەکو کۆمۆنیست بژین، وەکو کۆمۆنیست پەیوەندیی هاوڕێیانە ببەستین و وەك کۆمۆنیست بە دەست دوژمنانی کۆمۆنیزم و کرێکاران و زەحمەتکێشان، لە هەر سەنگەر و بەرگێکدا بن، شەهید بکرێین، چونکە تەنها بیروباوەڕی کۆمۆنیزمە کە بە خۆشەویستیی راستەقینەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، بە دورکەوتنەوە لە ژیان لەسەر حیسابی خەڵك، بە دوژمنایەتی کردنی چەوسێنەران گۆشمان دەکات و هەر کۆمۆنیستەکانیش دورن لە خۆویستی، ئەنانیەت، رقەبەرایەتی، تایفەگەری، پیلانگێڕی، نەتەوەگەری، نابەرامبەری و خورافات پەرستی کە هەموو ئەمانە کۆسپی گەورەی بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتین و زەمینەی لەباریشن بۆ کۆنەپەرستی.

نابین بە کۆمۆنیست ئەگەر هەموو ژیانمان بۆ بیروباوەڕەکەمان تەرخان نەکەین و هەموو بوارەکانی ژیان نەکەینە تریبۆنی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەمان، ئەگەر رزگارمان نەبێ لە بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی و پاشەڕۆکی بورژوازی.

کۆمۆنیستیش هەرگیز ناتوانێ خزمەتی تا سەری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بکات، ئەگەر ئەوەندەی مەزنیی بیروباوەڕەکەی ئازاو چاونەترس نەبێ و لەپێناویدا ئامادەی مردن نەبێ، ئەگەر لە دوژمنانی کرێکاران بترسێ و دوژمنانی مارکسیزم بتوانن بیترسێنن.

کەواتە هاوڕێیان

بیروباوەڕەکەمان جیهانێکی گەورەو مەزنە، ئەرکێکی سەختەو رێیەکی دورەو دەتوانین بڵێین هێشتا سەرەتای کارمانەو گەیشتنە ئاکامیش زۆری ماوە، بەڵام کاتێك رەوڕەوەی مێژوو بە رونی دەبینین، کاتێك پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەین، کاتێك ململانێی چینایەتی فێر دەبین، کاتێك حەتمیەتی مێژوو دەبێتە دورنمامان، ئیتر لە بەردەم عەزیمەتی کۆمۆنیستانەمان سەختیی ئەرکی خەبات ئاسان دەبێ و رێی دوری سەرکەوتن نزیك دەبێتەوە. بۆیە دەبێ لەو بڕوایەوە خەبات بکەین کە سەردەکەوین و لە بەرامبەر دوژمنانیش وا سور بین کە تەمەنیان چەند درێژ بێت، هەر گۆڕیان هەڵدەکەنین.

## ئاڵای شۆڕش- کۆنفرەنس (رێکخراو)

باڵێکی رێکخراوی ئاڵای شۆڕشە، هاوینی ساڵی ١٩٨٨ لە رێکخراوی ئاڵای شۆڕش جیا بۆتەوە. ئەم باڵە دیدێکی میانڕەوی بۆ بلۆکی سۆسیالیست هەبوو، یەکێتیی سۆڤێتی پێشووی بە دەوڵەتێکی سۆسیالیست دادەناو دژی ناساندنی بوو وەك دەوڵەتێکی لادەر لەسۆسیالیزم یان وەك سۆسیال- ئیمپریالیست. بوونی رای جیاواز سەبارەت بەم مەسەلەیە هۆی جیابوونەوەی بوو لە رێکخراوی دایك.

رابەرانی ئەم باڵە پێکهاتبوون لە عیماد ئەحمەدو ئەبوبەکر خۆشناو. بارەگای سەرەکیی باڵەکە لەئۆردوگای زێوە بوو لە ناوچەی ورمێ لە ئێران. لە مانگی ئەیلولدا باڵەکە رۆژنامەی «ئاڵا»ی دەرکرد کە تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٠، نۆزدە ژمارەی لێدەرچوو. هەروەها لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨دا دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی ئەم باڵە گۆڤارێکی بە ناوی «پەیامی کرێکاران» دەرکرد کە چوار ژمارەی لێ دەرچوو.

ساڵی ١٩٩١ ئەم باڵە چووە ناو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. ساڵی ١٩٩٣ ئەم باڵە بەشدار بوو لە پێکهێنانی فراکسیۆنێك لە ژێر ناوی «پەیڕەوی یەکگرتن» لە ناو حزبی زەحمەتکێشان بۆ رێکخستنی پرۆسەی چوونە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە مانگی تەموزدا فراکسیۆنەکە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکی گرتەوە.

## ئالأی هەڵبژاردن (ڕۆژنامە)



پیرۆزبێ یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنو نوێبوونەوەی خەباتی کۆمەڵەی خوێندکارانو لاوانی کوردستان

ژمارە ٣
ساڵی یەکەم

ئالأی هەڵبژاردن

ڕۆژنامەیەکی خوێندکاری گشتییە کۆمەڵەی خوێندکارانو لاوانی کوردستان دوو هەفتە جارێك دەری دەکا

کۆمەڵە... درێژەپێدەری هاوچەرخانەی یەکێتی خوێندکارانی کوردستانە

مەکتەبی ڕاگەیاندنی ناوەندی INC «ئالأی هەڵبژاردن» بانگهێشت دەکا

پەیامی هەڵبژاردن

پرسەی ماتەمینی

ڕۆژنامەیەکی خوێندکاریی گشتییە، کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە هەولێر دەری کردووە. دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیەو ناوەکەی، پەیوەندیی بە هەلومەرجی ساڵی ١٩٩٤ـەوە هەیە، کاتێك کۆمەڵەی خوێندکارانو لاوان بانگەشەی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەریی بۆ خوێندکاران دەکرد بەڵام هەندێ لەرێکخراوە خوێندکارییەکانی تر کە لەبەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش دڵنیا نەبون، ڕازی نەبون هەڵبژاردنی سەرتاسەری ئەنجام بدرێ. ڕۆژنامەکە زۆرتر وەك ئامرازێکی گوشار بەکار دەهات و پەیامەکەی بانگەشەکردن بوو بۆ پێویستیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری بۆ پێکهێنانی نوێنەرایەتییەکی یاسایی‌و سەرتاسەری بۆ خوێندکاران.

ژمارە سفری ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٨ی شوباتی ١٩٩٤ دەرچووە. دوای ژمارە سفر، ڕۆژنامەکە ٣ ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش بەمجۆرە: ژمارە ١ لە٦ی ئازار، ژمارە ٢ لە٣١ ئازارو ژمارە ٣ لە٢١ی ئایار. ئەگەرچی وا دانرابوو ڕۆژنامەکە دوو هەفتە جارێك دەرچێ، بەڵام پێدەچێ مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵە نەیتوانی بێ دوو هەفتە جارێك دەری بکات.

خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە لەتیف عومەرە، سەرنوسەرەکەی نورەددین ساڵحەو سکرتێری نوسینی ماکۆك حەمەد برایمە. ڕۆژنامەکە بە قەبارەی ٢٤ بە ٣٤ سم دەرچووەو هەموو ژمارەکانی لە ٨ لاپەڕە پێکهاتون. دیزاینەکەی باشەو بۆ مانشێتو جوانکاری، ڕەنگی سورو سەوزی تێدا بەکار هاتووە.

هەموو ژمارەکان مانشێتی سەرەکییان هەیەو سەروتاریش لە ژێر ناونیشانی «پەیامی هەڵبژاردن» بڵاو کراوەتەوە. زۆربەی بابەتەکانی بۆ کاروباری خوێندکارانو چالاکییەکانی کۆمەڵە تەرخان کراون. ئامانجی بنەڕەتیی ڕۆژنامەکە جەخت کردن بوو لەسەر پێویستیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرتاسەری. ئەمەش بە ڕونی لە سەروتاری ژمارە یەکدا دەردەکەوێ کە تێیدا هاتووە «ئەمساڵیش بۆ هەڵبژاردنی گشتیی خوێندکاران کاتێکی زۆرمان لەدەستداوە، بەڵام نەچوە بچێ. هێشتا بایی هەڵبژاردنێکی ڕێکوپێك لەبەردەمدا ماوە ئەم ئەرکە دیموکراتییە لە ناو خوێندکاراندا ڕاپەڕێنین. ئێمە دەپرسین کەچۆن ئەو کاتەی ماوە لەدەست نەدەین؟».

بە هۆی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆوە، ڕۆژنامەکە لەکار کەوتو پرۆژەی هەڵبژاردنی سەرتاسەریی خوێندکارانیش پوکایەوە.

## ئالیە ڕەش (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکە تیپی ٧٣ی قەندیل و لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٩دا بە هاوبەشی ئەنجامیان داوە. شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٩ مەفرەزەیەکی هەندەسەی هاوبەشی تیپی ٧٣ی قەندیلو لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند مینێکیان لە دەوروبەری گوندی راگوێزراوی ئالیەڕەشی مەنگوڕایەتی چاند.
سەعات ١٠ی سەر لەبەیانیی رۆژی دواتر یەکێك لە مینەکان لە ژێر پێی جاشێکدا تەقییەوەو بوە هۆی کوژرانی.

## ئاڵەسیاو (روداو)

روداوی شەهیدبونی ١١ پێشمەرگەی تیپی ٣١ی سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٧ لە نزیك گوندی ئاڵەسیاوی ناوچەی شاربازێڕ. روداوەکە لە پەراوێزی ئۆپەراسیۆنی «داستانی رزگاری» دا رویدا کە تێیدا هێزی پێشمەرگە لەشەوی ١٣ لەسەر ١٤ی نیسانی ١٩٨٧دا توانیبوی دەست بەسەر ١١٢ رەبیەو یەك بارەگای سریەو ٧ بارەگای فەوجدا بگرێ. لە ئۆپەراسیۆنەکەدا هێزەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی بە فەرماندەیی شۆڕش ئیسماعیل چیای ئەزمڕو قوتەی مەحمود خانو جادەی دوکانیانیان بۆ دانرابوو. لەو هێزە، ئەرکی چاودێری کردنی رێگای نێوان هەردوو گوندی ئاڵەسیاوو گورگەدەر بلە مەفرەزەیەکی ١١ کەسی بە فەرماندەیی جەمیل ئەحمەد ساڵح ناسراو بەشێخ جەمیل، رابەری سیاسیی تیپ، سپێردرا بوو. بۆیە، مەفرەزەکە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا نەکردو لەجیاتی هێرش کردن ئەرکی چاودێری کردنی رێوبانی پێ سپێردرا.
پاش ئۆپەراسیۆنەکە هێزەکان وردە وردە کشانەوە. پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی بەناو دۆڵی دووکانیان کشانەوە بەڵام ئەو مەفرەزەیەی کە بۆ چاودێری کردنی رێگای نێوان ئاڵەسیاوو گورگەدەر دانرا بوو، لەبەر فڕینی بەردەوامی هەلیکۆپتەر بەسەر ناوچەکەدا، لە شوێنی خۆی گیری خوارد. لە دەمەو نیوەڕۆدا هەلیکۆپتەرەکان شوێنی مەفرەزەکەیان دۆزییەوەو زۆر بە خەستی موشەکبارانیان کرد. بە پێی زانیارییەکان، ژمارەی هەلیکۆپتەرە هێرشبەرەکان هەشت هەلیکۆپتەر بوو. لە ئەنجامدا پێنج پێشمەرگە لە موشەکبارانەکەدا شەهید بون، شەشیش بریندار بون. دواتر فڕۆکەکان هێزێکیان بۆ گواستنەوەی شەهیدو بریندارەکان دابەزاندو هەمویان بردە سەربازگەی سیتەك.
ساڵی ١٩٩٤ جوتیارێك بە دەم کێڵانی زەوییەوە پارچە جلوبەرگی دۆزییەوەو بەرپرسانی لێ ئاگادار کردەوە. پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت شوێنەکە شوێنی ناشتنی یانزە پێشمەرگەکەیە. بەهاری هەمان ساڵ مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی سەرپەرشتیی دەرهێنانی تەرمەکانی کرد. لە مەراسیمێکی شکۆداردا تەرمەکان لە گردی سەیوان لە سلێمانی بە خاك سپێردرانەوە.
شەهیدەکان لە دوو چاڵدا نێژرا بون. یەکێکیان شەش تەرمی لەخۆ گرتبوو کەچاویان بەسترابۆوە. ئەوانە ئەو پێشمەرگانە بون کە بەبرینداری گیرابونو لە نزیك چاڵەکە گوللەباران کرابون. چاڵەکە پڕ قەوانە فیشەك بوو. ئەم چاڵە تەرمی ئەم شەش پێشمەرگەیەی لێ بوو: جەمیل ئەحمەد ساڵح، ئاراس محەمەد ئەحمەد، رزگار ئەحمەد حەمە موراد، خەسرەو رەئوف رەحیم، مستەفا قادر مستەفاو نوری مەحمود قادر. چاڵەکەی تر تەرمی ئەم پێنج پێشمەرگەیەی لێ بوو:

هۆشیار سەعدون سەعید، شێرکۆ محەمەد عەبدوڵڵا، ستار ئەحمەد قادر، بێستون برایم سەعیدو محەمەد ئەحمەد مارف عەلی.

له ناو شەهیدەکان جەمیل ئەحمەد ساڵح له هەمویان بەتەمەنتر بوو، له کاتی شەهیدبونیدا تەمەنی ٣١ ساڵ بوو. ئەوانی تر تەمەنیان له نێوان ١٧و٢٨ ساڵدا بوو. هەندێکیشیان خزم و کەسوکاری یەکتری بون.

ژیاننامەی شەهیدەکان:

*جەمیل ئەحمەد ساڵح:

ناسراو به شێخ جەمیل. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی چنارەی ناحیەی بەرزنجه. دەرچوی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆیە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە. رابەری سیاسیی تیپی ٣١ی سلێمانی بوو.

*ئاراس محەمەد ئەحمەد:

لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی پاشتر بۆتە پێشمەرگە له تیپی ٣١ی سلێمانی.

*بێستون برایم سەعید:

ناسراو به مامۆستا بێستون. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی به ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٤ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٣١ی سلێمانی. له ناو یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا پلەی کادیری هەبوو.

*هۆشیار سەعدون سەعید:

ناسراو به هۆشیاره بچکۆل. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ی گەڕەکی عەلی کەمالی شاری سلێمانی. مێژوی پەیوەندی کردنی به ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە دیار نیە. ساڵی ١٩٨٦ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٣١ی سلێمانی.

*مستەفا قادر مستەفا:

ناسراو به پێشڕەو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ی گوندی چنگیان. خوێندکاری کۆلیجی تەکنەلۆژیای زانکۆی موسڵ بوو. بەهۆی ئاشکرابونی پەیوەندیی به ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە، وازی له خوێندن هێنابوو. ساڵی ١٩٨٦ بۆته پێشمەرگەی تیپی ٣١ی سلێمانی.

*محەمەد ئەحمەد مارف عەلی:

ناسراو به محەمەد ئاربیجی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٩ی پێنجوێن. دەرچوی قۆناغی سەرەتایی خوێندنه. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو هەر ئەو ساڵه بۆته پێشمەرگەی تیپی ٣١ی سلێمانی.

*ستار ئەحمەد قادر فەرەج:

لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٠ی پێنجوێن. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٦ بۆته پێشمەرگەی تیپی ٣١ی سلێمانی.

*نوری مەحمود قادر:

لەدایکبوی ساڵی ١٩٧١ی پێنجوێن. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٦ بۆته پێشمەرگەی تیپی ٣١ی سلێمانی.

*رزگار حسێن حەمە موراد:

لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٠ی گوندی هەنگەژاڵی پێنجوێن. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٦ بۆته پێشمەرگە.

*شێرکۆ محەمەد عەبدوڵڵا:


لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٠ی گەڕەکی سەرکارێزی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی به

رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

*خەسرەو رەئوف رەحیم:

ناسراو بە بەهرۆز. لەدایکبوی ١٩٧١ی گوندی بڕانە. ساڵی ١٩٨٥ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٣١ی سلێمانی.

## ئاوات عەبدولغەفور



کادیری پێشکەوتوو و ئەندامی دێرینی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی خانەقین. لەبەر ئەوەی باوکی کۆمیسێری پۆلیس بوە و زوو زوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گوازراوەتەوە، تافی منداڵیی لە خانەقین، هەولێر، داقوق، سەنگەسەر، ماوەت، سورداش، سەرچنارو قەرەداغ بەسەر بردوە.

ساڵی ١٩٦١ لە خانەقین پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانیی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٦٣ لە کاتێکدا کە خوێندکاری پۆلی دووی ناوەندی بوو، خۆی و شەش هاوڕێی بەو تۆمەتەی کە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانن، دەستگیر کران. دوای چەند مانگێك، کاتێك پۆلیسەکان بە قۆڵبەستراوی دەیبەن بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، بەپێی بەرنامەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراو، بە هاوکاریی هاوڕێکانی: جەبار فەرمان و ئیبراهیم عەلی و کامل چاوشین و عەلی ئەکبەر، لە دەست پۆلیسەکان رایکردو لە چیای بەمۆ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٠ بەشداریی لە کۆبونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کردو لێپرسراوەتیی رێکخستنی سلێمانیی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٧١ کرایە ئەندامی سەرکردایەتی. ساڵی ١٩٧٥ پاش ئاشکرابوونی بەشێك لە رێکخستنەکانی کۆمەڵەو دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و دەستپێکردنی شاڵاوێکی سەختی گرتن و راوەدونان لە دژی رێکخستنەکانی کۆمەڵە، خۆی و ئەرسەلان بایز لەسنور پەڕینەوە بەرەو ئێران، بەڵام هەردووکیان لە شاری بانە گیران و دواتر لە سەقز زیندانی کران. لەسەری ساڵی ١٩٧٦دا ئێرانییەکان ئەوان و شەهاب شێخ نوری و فەرەیدون عەبدولقادرو جەعفەر عەبدولواحیدو عومەر سەید عەلی و عەلی بچکۆلیان رادەستی عیراق کرد. پاش دادگایی کردنی، فەرمانی زیندانیکردنی بۆ دەرچوو.

ساڵی ١٩٧٩ پاش دەرچوونی بڕیاری لێبوردنی گشتی، ئازاد کرا. دوا بەدوای ئەمە بەچەند مانگێك، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە تۆژەڵە گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٨٠ لە ئۆفیسی دیمەشقی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لێپرسراوەتیی پەیوەندییە کوردستانییەکانی گرتە ئەستۆ. بۆ ساڵی دواتر گەڕایەوە بۆ کوردستان و بووە ئەندامی مەکتەبی رێکخستنی کۆمەڵەو هاوکات بەرپرسیاریی خولی کادیرانی گرتە ئەستۆ، خۆیشی لە خولەکاندا وانەی فەلسەفەی وتەوە.

ساڵی ١٩٨٢ بووە ئەندامی مەڵبەندو بەرپرسی سیاسیی مەڵبەندی دوو لە گوندی سەرگەڵوو. بۆ ساڵی دواتر بووە بەرپرسی کۆمەڵایەتیی مەڵبەندی ١ی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی دانوستانی نێوان یەکێتی و حکومەتی عیراقدا، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە لیژنەی هەماهەنگی لە پارێزگای سلێمانی.

ساڵی ١٩٨٥ دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ، بووە بەرپرسی پەیوەندییە نیشتمانییەکان و تا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوو لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە. دواتر نێردرایە سوریاو لەوێ لێپرسراوەتیی ئۆفیسی پەیوەندییە

نیشتمانییەکانی گرتە دەست.

سەرەتای ساڵی ١٩٩١ سوریای جێهێشت و لە سوید گیرسایەوە، بەڵام هەمان ساڵ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بووە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن لە هەولێرو دواتریش لێپرسراوەتیی پەیمانگای کادیرانی گرتە ئەستۆو دوای بەڕێوەبردنی چوار خول، کرایە جێگری وەزیری پیشەسازی.

ساڵی ١٩٩٣ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ١ی سلێمانی و تا ساڵی ١٩٩٥ ئەم کارەی کرد. ساڵی ١٩٩٦ بووە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم.

ساڵی ٢٠٠٣ خوێندنی لە کۆلێجی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کردو ساڵی ٢٠٠٩ بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانرا. ساڵی ٢٠٠٩ لێپرسراوەتیی دەزگای والاپرێسی گرتە ئەستۆ و ساڵی دواتر، لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

لە ١١ی ئازاری ٢٠١٥دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا کە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند و هاوڕێیان و کەسوکاری ئامادەی بون، لە گردی سەیوان بە خاک سپێردرا.

## ئاوات قارەمانی




پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. ناوی تەواوی ئاوات عەلی عەبدولکەریم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٣ی شاری سلێمانی. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر گوندی قارەمان لە قەرەداغو نازناوەکەشی لەوەوە هاتوە. دەرچوی قۆناغی سەرەتایی خوێندنە.

ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوەو هەر ئەو ساڵە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە ناوچەی قەرەداغ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوەو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردوە. لە کاتی سەرهەڵدانی دوبەرەکی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد بەڵام کاتێك دوبەرەکییەکە شەڕی ناوخۆی لێ کەوتەوە، وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو لە سلێمانی دەستی بەکاری سەرتاشی کرد.

ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. دوای پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکان کە سەرکردایەتیی دیفاکتۆی کۆمەڵە بوو، بەشێکی زۆری کۆبونەوەکانی کۆمیتەکە لە ماڵی قارەمانی ئەنجام دەدران. لە ساڵی ١٩٧٦دا پاش پێکهێنانی کۆمیتەی هەڵمەت کە سەرپەرشتیی هەموو کۆمیتەکانی ڕێکخستنی کردوە، کرایە ئەندامی کۆمیتەکە. ماوەیەکیش سەرپەرشتیی ڕێکخستنی پێشمەرگەی ناو شاری کرد.

پاش زیادبونی هەڕەشەی گرتن لەسەری، لە کانونی یەکەمی ١٩٧٦ خۆی و مەلا بەختیار پێکەوە سلێمانییان بەجێ هێشت و رویان کردە قەرەداغ. لەو ماوەیەدا زۆربەی هەڵسوڕانی پێشمەرگانەی لەگەڵ شاسوار جەلالدا بوو کە لێپرسراوی کۆمیتەی هەرێمەکان بوو.

لە ماوەی کۆتایی ١٩٧٧و سەرەتای ١٩٧٨دا لێپرسراوەتیی عەسکەریی هەردوو ناوچەی قەرەداغ و گەرمیانی پێ سپێردرابوو. لە کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لە گوندی نۆکان لە ئازاری ١٩٧٨، بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی




ڕەنجدەران هەڵبژێردرا.

لە کۆبونەوەی دووەمی کادیرە پێشکەوتووەکان لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ لەگوندی شێنێ لە دامێنێ چیای مامەندە، بۆ جاری دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەڵبژێردرایەوە.

ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ نۆ کادیری پێشکەوتوی دیکەدا لە لایەن سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ لوبنان نێردرا، بۆ بەشداری کردن لە خولێکی عەسکەریدا کەبەرەی دیموکراتی ڕزگاریخوازی فەلەستین بەتایبەت بۆ کادیرە عەسکەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی ڕێك خستبوو.

ساڵی ١٩٨١ بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد بەڵام خۆی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی کاندید نەکرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لێپرساوەتیی سێ تیپی گرتۆتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکانو کارکردن بە سیستمی تیپەکان، بە فەرماندەی تیپی ٣٣ی سلێمانی دانرا. لە ساڵی ١٩٨٣ لێپرساوەتیی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونی پێ سپێردراو لە ساڵی ١٩٨٦دا لێپرساوەتیی تیپی ٥٥ی قەرەداغی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٧ کرایە لێپرساوی عەسکەریی مەڵبەندی یەك. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، ماوەیەك لە سەقز مایەوەو دواتر لەگەڵ هێزەکانی مەڵبەندی ٢دا لەگوندی بلەکێ لەسەر سنور گیرسایەوە.

لە ئەیلولی ١٩٩٠دا بۆ چارەسەری نەخۆشیی بڕبڕەی پشت لە ئێرانەوە چوو بۆ سوریاو لە تشرینی یەکەمدا چوو بۆ بریتانیا. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، مەدالیای پێشمەرگە دێرینەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری پێ دراو بە پلەی وەزیر خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠٠٤ بیرەوەرییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «ڕێگا باریکەکان» لە سلێمانی بڵاوکردەوەو ساڵی ٢٠٠٩ چاپی دووەمی لێ دەرکرد. چاپی یەکەمی لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەو چاپی دووەمی خانەی ڕەهەند لە سلێمانی دەری کردووە. کتێبەکە کە عەبدوڵڵا کەریم مەحمود پێشەکیی بۆ نوسیوە، زانیاریی وردی سەبارەت بە ڕوداوەکانی ساڵانی نێوان ١٩٦٣و ١٩٩٠ لەخۆ گرتووەو بە دیکۆمێنتێکی گرنگ دەژمێردرێ.


## ئاوایی جەلال (شەڕ)

شەڕێکە لە ١٥ی تەموزی ١٩٨٥ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق کە لە فەوجێك

و کەرتێکی جەیش شەعبی و جاشەکانی قادر کەرەم و دوزخورماتوو پێك هاتبوو و بە پاڵپشتی دوو هەلیکۆپتەر هێرشی بردبوە سەر ئاوایی جەلال لەسەر ڕێگای گشتیی قادر کەرەم- دوزخورماتوو.

پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان و هێزی پشتگیری روبەڕوی هێزە پەلامارەدەرەکە بونەوە، بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو زیانێکی زۆریان پێ گەیاند. بە هۆی بۆردومانی هەلیکۆپتەرەکانەوە پێشمەرگە شوان حاجی عەزیز شەهید کرا و دوو پێشمەرگەو سێ هاووڵاتیش بریندار بون، سەرباری سوتانی دوو خانوی گوندەکە.

## ئاوەژێ (کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی)


راگەیاندنی کوتایی
کوبونەوەکانی کومیتەی سەرکردایەتی
یەکیتی ی نیشتمانی ی کوردستان
٢٤ - ٢٧ شوبات ١٩٨٤

کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی ئاوەژێی بناری چیای ئاسۆس لە ناوچەی مەرگە لە ماوەی نێوان ٢٤-٢٧ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٤.

ئەم کۆبونەوەیە کە بە سەرپەرشتیی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەلال تاڵەبانی بەسترا، دووەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتییە پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاگربڕ لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق، بۆیە تەوەری سەرەکیی کۆبونەوەکە تاوتوێ کردنی پرۆسەی وتووێژ بوو لەگەڵ حکومەتی عیراق بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.

پێشتر کۆمیتەی سەرکردایەتی لە یەکەم کۆبونەوەیدا پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاگربڕ، لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٨٤ لە گوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافەتی، ڕێوشوێنی بەڕێوەبردنی پرۆسەی دانوستانی لەگەڵ حکومەتی بەغدا تاوتوێ کردبوو. هەر لەو کۆبونەوەیە بڕیار دا شاندێك بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفاو ئەندامەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدوڵڵا، عومەر عەزیز و مەلا بەختیار پێك بهێنرێ.

لە ٢٤ کانونی دووەمدا شاندەکە بە هەلیکۆپتەرێکی عیراقی لە دوکانەوە گوێزرایەوە بۆ کەرکوك و لەوێوە بە ئوتومبیل بەرەو بەغدا بە ڕێ کەوت. لە ٢٥ی کانونی دووەمـدا، یەکەم دانیشتنی بەرایی ئەو گەڕەی دانوستان لەگەڵ شاندی حکومەتی عیراق بە سەرۆکایەتیی فازل بەڕڕاك، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، ئەنجام درا. لە ٢٦ی کانونی دووەمدا کۆبونەوەی دووەمی ئەو گەڕەی دانوستان لەگەڵ شاندی حکومەتی عیراق بە سەرۆکایەتیی تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عیراق و ئەندامەتیی فازل بەڕڕاك، مەحمود شوکر شاهین بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی سوپا و چەند کارمەندێکی حکومی بەڕێوە چوو، بەڵام وتووێژەکان درێژەیان نەکێشا

چونکە تاریق عەزیز خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو کە بچێ بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرەنسی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامی، بۆیە ئەم گەڕەی وتوویژ درێژەی نەکێشاو لە ٢ی شوباتدا شاندەکە گەڕایەوە بۆ کوردستان. هەرچەند گەڕەکە وتوویژی قووڵی بە خۆیەوە نەبینی بوو، بەڵام شاندەکە بەرچاوڕونییەکی باشتری سەبارەت بە رەوتی هەڵسوڕانی وتوویژەکە پەیدا کردبوو.

بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ گەڕی داهاتوی دانوستان، کۆمیتەی سەرکردایەتی لە گوندی ئاوەژێ کۆبوەوەو بە شێوەیەکی قوڵتر بابەتی وتوویژی لەگەڵ حکومەتی عیراق تاوتوێ کردو لە هەندێ میکانیزمی گونجاوتری کۆڵییەوە.

کۆبونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەوە دێتە دی کە مافە نەتەوایەتی و دیموکراتییەکانی خەڵکی کوردستان بسەلمێنرێن و لەم روەوە بەشداربووانی کۆبونەوەکە درێژەیان بە وردەکاریی ئەم چارەسەرە داو چونە سەر ئەو باوەڕەی کە مافەکانی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا بە دیموکراسی و مافی چارەی خۆنوسین بەشێوەی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە دابین دەکرێن.

کۆبونەوەکە پشتیوانیی لە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد و وتوویژ کرد و رونی کردەوە کە هەلومەرجی شەڕی عیراق- ئێران و گوێزانەوەی شەڕەکە بۆ سەر سنوری کوردستان و لاوازیی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و پێویستیی پاراستنی کوردستان هاندەرن بۆ پەسند کردنی پرنسیپی وتوویژ. هەروەها کۆبونەوەکە دژی ئەوە وەستایەوە کە رژێمێکی تایفەگەری بە زۆر بەسەر عیراقدا بسەپێنرێ و ئەمەی بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر کوردو عەرەب و ناوچەکە دانا.

کۆبونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە وتوویژ چەند ئامانجێکی هەیە لەوانە گەڕانەوەی دانیشتوانی گوندە راگوێزراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان، سڕینەوەی ئاسەواری بەعەرەب کردن و بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستان لە شنگال و زەممارو سلیڤانی و شێخان و ئاکرێوە تا خانەقین و مەندەلی. سەبارەت بە شاری کەرکوکیش، بەشداربووانی کۆبونەوەکە رایان وا بوو کە ئەم مەسەلەیە پێویستی بە چارەیەکی تایبەت و دادپەروەرانەیە. لەم روەوە کۆبونەوەکە بڕیاریدا چەند پڕۆژەیەك بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی وتوویژ سەبارەت بە کێشەکان پێشکەش بە حکومەتی عیراق بکرێن.

هەروەها کۆبونەوەکە بڕیاریدا ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە سورداش بەڕێوە بچێ و کۆمیتەیەك بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی رێکخستن و سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگەکە دابندرێ.

هەر لەو کۆبونەوەیەشدا بڕیار درا درێژە بە هەوڵەکانی ئاشتبونەوە لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جود بدرێ و ئالای دروشمی ئاشتبونەوەی گشتی دانەگیرێ، سەرباری ئەوەی کە بڕیار درا دەرگای لێبوردنی گشتی بۆ جاشەکان بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە.

کۆبونەوەکە راگەیەندراوێکی کۆتایی دەرکرد کە لە ئێزگە خوێندرایەوەو دواتر لە مانگی ئازاردا بە شێوەی نامیلکەیەکی قەوارە مامناوەنجیی ١٤ لاپەڕەیی لە چاپخانەی برایم عەزۆ لەبەرگەڵوو چاپ کرا.

## پاشکۆ
## راگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی
## (ئاوەژێ ١٩٨٤)

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خولێکی تری کۆبونەوەکانی خۆی

سەرکەوتووانە بە ئەنجام گەیاند. کۆبونەوەکە لە دێی ئاوەژێی بناری ئاسۆس لە ٢٤-٢٧ی شوبات بەسترا.

لەو کۆبونەوەیەدا هەموو هەڤاڵانی سەرکردایەتی کە لە ناوەوەی وڵاتن بەشدار بون و بە وردی و بەرپرسیارانەو دوربینانە لە هەلومەرجی ئێستای خەباتی رەوای گەلەکەمان و روداوەکان و مەسەلە گرنگەکانیان کۆڵییەوەو بە کۆی دەنگ بڕیارەکانیان دەرکرد. وا لەخوارەوەش پوختەی پێویستی بڕیارە گرنگەکان دەخەینە بەر چاوی هەموو هەڤاڵان و پێشمەرگە قارەمانەکان و کۆمەڵانی خەڵك.

**هەلومەرجی کۆبونەوەکە**

کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە کاتێکدا کە جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان لە هەڵچون و گەشەکردن دایەو وا پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. خۆڕاگرتن و پەرەسەندن و گەشەکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکەوتنیان بەسەر هەموو ئەو هێزو لایەنانەی گەرەکیان بوو لەناوی بەرن و پەرەپێدانی ناوچە رزگارکراوەکان و سەرکەوتنە گرنگەکانی ساڵی رابردووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قەندیل و گەرمیان و خۆشناوەتی، ئەم راستییەی درەخشاندەوە کە شۆڕشی خەڵکی کوردستان بە رێبەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆتە راستییەکی گرنگی لە ئینکار نەهاتوو، هەروەك بۆتە هێزێکی لە شکاندن نەهاتووش.

وا بۆ یەکەمین جار لە مێژوی دورو درێژی بزوتنەوەی کوردمان هێزێکی سیاسیی هۆشیارو شۆڕشگێڕو سەربەخۆ، لە دژوارترین هەلومەرجدا، لە دوای گەورەترین شکستی کوردایەتی لە ئاشبەتاڵە ئابڕوبەرەکەی سەرکردایەتیی خێڵەکی و بورژوازیی نۆکەری بێگانە، شۆڕشی خەڵکی کوردستان دەبوژێنێتەوە و دەیگەیەنێتە ئەو قۆناغەی کە دۆست و دوژمن دەیسەلمێنێت و رێزی لێ دەگرێت و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆیشی دەبێتە گەورەترین هێزی سیاسیی شۆڕشگێڕی سەربەخۆی گۆڕەپانی کوردەواری کە بە خوێنی گەشی دەیان سەرکردەو سەدان کادیرو هەزاران ئەندام و پێشمەرگەو لایەنگری نەمری خۆی ئەم راستییە لە مێژوی گەلەکەماندا تۆمار دەکاتەوە کە گەلی کوردستان گەلێکی زیندووەو جوڵانەوەی رەوای رزگاری و دیموکراتییەکەشی جوڵانەوەیەکی مێژووکردی بابەتییە، بۆیە تا سەرکەوتن و بە ئەنجام گەیشتنی هەر دەمێنێت، بە بێ ئەوەی بە هیچ حکومەت و هێزێك لەناو ببرێت. کێشەی رەوای گەلی کوردیش هەر بەوە چارەسەر دەکرێت و هەر بەوە دەبڕێتەوە کە مافی رەوای نەتەوایەتی و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان بسەلمێندرێ وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی عیراق بە دیموکراسی و مافی چارەی خۆنوسین بە شێوەی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە دابین دەکرێت.

## گفتوگۆ لەگەڵ میری

لە پایزی ساڵی رابردودا، پاش ئەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرسی بە هەموو کادیرە سیاسییەکانی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەموو کادیرە عەسکەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و زۆربەی ئەنجومەنەکانی دێهاتی کوردستان و لە شارەکانیش پرسی بە زۆر بیر روناك و دڵسۆزانی گەل کرد، بڕیاریدا پێشنیاری گفتوگۆ لەگەڵ میری پەسند بکات.

سەبارەت بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنێکی ژیرانەو بەرپرسیارانەو دوربینانەی هەلومەرجی سامناکی ئێستای کوردستان و عیراق کە هێرش و پەلاماردانی بێگانە هەڕەشە لە گەل و نیشتمان دەکات و برایەتیی مێژویی کوردو عەرەب و یەکێتیی نیشتمانیی عیراق پێویستییەکی زۆریان بە بەرپەرچدانەوەی پروپاگەندەی

شۆڤێنییەکان دەکرد کە گەرەکی بوو کورد وەك پشتیوانی ئێران و دوژمنی عیراق و عەرەب نیشان بدات و هاوبەشی کردنی هەندێ لایەنی عیراقی و کوردی لە پەلاماردانی سنورەکانی عیراق شان بە شانی داگیرکەرانی ئێرانی، بۆ هاندانی عەرەب لە دژی کورد بقۆزێتەوە، لە کاتێکدا کە پاراستنی کوردستان بە گشتی و ناوچە رزگارکراوەکان بە تایبەتی کە لە دوو لاوە کەوتبونە شەڕەوە، ئاشتییەکی پێویست بوو، بەتایبەتی کە گرانی و قات و قڕی تینی بۆ خەڵکی کوردستان و ناوچە رزگارکراوەکان هێنابوو.

پتر لە حەوت ساڵە، خەبات بێ وچان و پشوودان، لە دژوارترین و نالەبارترین هەلومەرجدا، بە ئابڵوقەی تورکیاو ئێرانیشەوە، هەر درێژەی کێشاوە، بێ ئەوەی یارمەتیی پێویستی لە دەرەوە هەبوو بێت، بەڵکو هەر پشت ئەستور بووە بەو خەڵکەی کوردستان کە کەوتونەتە خەتەرو گرانی و دژوارییەوە.

وەزعی موعارەزەی عیراقیش لەو پەڕی کزی و پەرت و بڵاویدا بوو بە جۆرێك کە نەیتوانیوە هیچ دەورێکی کاریگەرو دیاری لەناو وڵاتدا هەبێت. دیارە گەلی کوردیش لە ئەرکی خۆی بەولاوە چی دیکەی پێ هەڵناگیرێت، جگە لەوەی کە روخاندنی حوکم بۆ هێنانی حوکمێکی کۆنەپەرستی تائیفیی سەر بە رژێمی کۆنەپەرستی خومەینی خەتەرێکی زۆر گەورەیە لەسەر هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب و لەسەر رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەر جولانەوەی شۆڕشی خەڵکی کوردستانی ئێران و بەشەکانی تری کوردستانیش.

سەرەڕای هەموو ئەم راستییانەش، هەلومەرجێکی ئەوتۆ هاتۆتە کایەوە کە میری ئامادەیی بۆ سەلماندنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتیی عیراقداو بۆ گفتوگۆیەکی سەربەست بۆ چارەسەرکردنێکی رەوای کێشەی کورد دەربڕی، کە دیارە لەو هەلومەرجە دژوارەی ئەمڕۆدا نەدەکرا سەرسەختانە نادیدەی بگرین.

ئەمە جگە لەوەی کە گفتوگۆکە هیچ شەرتێکی تێدا نیە و هیچ ماف و دەستکەوتێکی تێدا لە دەست نادرێت و سەرەتاکەی بە شەڕ راگرتن دەست پێدەکات کە ئەمەش بۆ هەردولا باش و پێویست بوو.

هەروەك ئەو شەڕ وەستاندنە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و عیراقیش باش و بەکەڵك بوو، تێیدا خەڵکی کوردستان نەك هەر هەناسەیەکی ئازادو سەربەستیان هەڵکێشا، بەڵکو تا رادەیەکی دیاریش زەغت و دەستدرێژییان لەسەر کەم بۆتەوەو تینی گرانی و قات و قڕییان لەسەر لاچووە. هەروەها هیواو ئومێدیشیان بە سەلماندنی بونی شۆڕشەکەیان و بونی هێزێکی سیاسیی شۆڕشگێڕی سەربەخۆی رێبەری خۆیان کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بوژایەوە. هەر بۆیەش کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زۆر بە گەرمییەوە پێشوازییان لەو گفتوگۆیە کردو سەدان هەزار کەس لە خۆپیشاندان و کۆبونەوەکانی جەماوەردا پشتیوانیی خۆیان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربڕی و بۆ دۆست و دوژمنیان دوپات کردەوە کە بە رێبەری خۆیانی دەناسن.

هەر بەوەش هەڵچون و بوژاندنەوەو پەرەسەندنی جولانەوەیەکی جەماهیریی گەورە دەستی پێ کرد کە شارو دێهاتی کوردستانی عیراقی گرتۆتەوەو بۆتە هۆی پەرەسەندن و گەشەکردنی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رێکخراوە دیموکراتییەکانی کورستان و هێنانەوە جۆش و خرۆشی کۆمەڵانی خەڵك و بوژانەوەی هیواو ئاواتە دێرینەکانی رزگاری و دیموکراسی لە دڵ و دەرونی کۆمەڵانی خەڵك کە سەرچاوەو پشت و پەنای هێزی پێشمەرگەی کوردستان

و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشەکەمانن.

ئەمەش بە لای ئێمەوە دەستکەوتێکی زۆر گرنگ و بایەخدارە، بۆیە پێویستە پێشوازیی گەرمی لێ بکەین، بێ سڵەمینەوە لە هەڵچون و پەرەسەندن و جوڵانەوەی کۆمەڵانی خەڵك. دەبێ هەوڵ بدەین بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدان و ڕێکخستنی ئەو جوڵانەوەیەو بەهێزترو ڕێکوپێکتر کردنی پەیوەندییە ئۆرگانیکییە لە پساندن نەهاتووەکەی نێوان خەڵك و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێویستە ژیرانەو هۆشیارانە خەبات بۆ پەرەپێدانی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و جۆشدانی جوڵانەوەی کرێکاران و ڕەنجدەرانی شارو ڕێکخستنیان بکەین. هەروەك پێویستە جوڵانەوەیەکی ڕێکوپێکی جوتیارانی کوردستان جۆش دەین و ڕێبەریی بکەین لەپێناوی بەجێ گەیاندنی ئیسلاحی زراعی و لە ڕەگ و ریشە هەڵکەندنی دەرەبەگایەتی و سڕینەوەی شوێنەوارەکەی تا زەوی بکەوێتە دەست ئەوانەی ڕەنێوی دێنن، بەڵام بێ لادان بە لای ڕاست و چەپدا، بێ لەبیرکردنی ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراسیی نوێ، بە ڕەچاوکردنی بەگژاچونی دەرەبەگایەتی، بە پشت بەستن بە ڕەنجدەرانی لادێ و جوتیارانی هەژارو هاوخەباتی و هاوکاری لەگەڵ جوتیاری مامناوەنج و بێلایەن کردنی جوتیاری دەوڵەمەند لەم ڕۆژگارەدا.

## بایەخدان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان

دیارە هەمیشە پێویستە بایەخ و ئیهتمامی زۆرو زەوەند بە هێزی دلێرو قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان بدەین. پێویستە جەنگاوەری ئازاو دڵسۆزو هۆشیارو لێوەشاوەو دەست و دەم و داوێن پاك بهێنینە ریزەکانییەوەو ریزەکانیشی لە کەسانی بێ کەڵك و بێکارە بژار بکەین. پێویستە لە ڕوی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدەین، پتر مەشقیان پێ بکەین و چاکتر هۆشیاریان بکەینەوەو زۆرتر فێری گوێڕایەڵی و ڕەوشت و خووی پێشمەرگانەی ڕاستەقینەیان بکەین.

## ناحەزانی گفتوگۆ لەگەڵ میری

بە پێچەوانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە کە گفتوگۆیان پێ باش و پەسندە، هەندێکی تر هەن هەرچەند کەم و بێکارەن، بەڵام بە چەندین شێوەی جیا جیا دژی گفتوگۆن.

جاشەکان و دەرەبەگە نیشتمانفرۆشەکان، چڵکاوخۆرو مونتەفیعەکان، جاسوس و نۆکەرانی بێگانە، هەندێ لە سەرکردەکانی حزبە کارتۆنییە داتاشراوەکان و هەندێ دەزگای داپڵۆسین، دوژمنی گفتوگۆکەن.

سەرکردە سەرلێشێواوەکانی بەرەی جودیش کە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دابڕاون، بە جنێودان و هێرشی داخدارانە پەلاماری گفتوگۆکە دەدەن. بەڵام ئەوەی شایانی باسە، زۆربەی ئەندام و لایەنگرو چەکدارەکانیان چاوەنواڕی ئەنجامی گفتوگۆکەن بۆ گەڕانەوە بۆ ریزی شۆڕش و گەل، ئەگەر داخوازییەکانی کورد بسەلمێندرێن، بێ ئەوەی جنێوە ناشیرین و پڕوپاگەندە ژەهراوییە بێ تام و بێ شەرمەکەیان کاری کردبێتە سەریان، بگرە بە پێچەوانەوە جنێودان بۆتە مایەی سوك بون و ریسوابونی خاوەنەکانیان و زۆرتر دورخستنەوەیان لە کۆمەڵانی خەڵکی.

## داخوازییە سەرەکییەکانی گفتوگۆ

بەڵام بێگومان کۆمەڵانی خەڵك گفتوگۆیان بە دەرەجەی سەرەکی بۆ هێنانە دیی ئامانجەکانی خۆیان پێ باشە. جگە لە کەڵکەکانی شەڕ وەستاندن، خەڵك بۆیە گفتوگۆیان پێ خۆشە چونکە دەزانن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێزێکی شۆڕشگێڕی ژیری سەربەخۆیەو بە کەس هەڵناخەڵەتێت بەڵکو هەر درێژە

بە خەباتی جەماهیری و سیاسی و شۆڕشگێڕانەی خۆی دەدات (بە هەموو شێوەکانی خەباتەوە) لە پێناوی بەدیهێنانی داخوازییە ڕەواکانی گەلدا.

کۆمەڵانی خەڵك دەزانن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوای لابردنی زوڵم و زۆرو ئازاردانی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستانی عیراق و داوای ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە دەکات کە کۆمەڵانی خەڵك بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە حوکمی کوردستانی خۆیان بکەن تاکو بە مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییە ڕەواکانی خۆیان شاد بن لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی عیراقدا، تاکو هەموو جوتیارو کرێکارو کوردە ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنەوە بۆ دێهاتی خۆیان، بۆ شارو کارگەی خۆیان و بۆ سڕینەوەی شوێنەواری بەزۆر بەعەرەب کردن لە کوردستان، تاکو چارەی دزێو و دیمەنی بوغزاویی جاش و چڵکاوخۆرەکان لەبەر چاوی خەڵك لاچن، تاکو ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە هەموو کوردستانی عیراق بگرێتەوە، هەر لە شنگال و زوممارو سلیڤانییەوە، بە شێخان و ئاکرێدا، بۆ پارێزگای هەولێرو کەرکوك تا خانەقین و مەندەلی، هەرچەند بۆ شاری کەرکوك دەکرێ چارەیەکی تایبەتی و ڕەوا بدۆزرێتەوە، تاکو هەموو ئەو مافە سیاسی و دیموکراتییانە بهێنرێنە دی کە لە بەیاننامەی ئازاریش سەلمێندراون و گەلی کورد داوایان دەکات.

بۆ چاکتر دارشتنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانیش کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاریدا بە شێوەی پرۆژەی نوسراو بچێتە گفتوگۆوە پێشکەشیان بکات بە میری و بیانکاتە بەرنامەی گفتوگۆی داهاتوی نێوان وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وەفدی میری. ئەو پرۆژانەش لە کات و ساتی خۆیدا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی بڵاو دەکرێنەوە.

کۆمیتەی سەرکردایەتی لەو کۆبونەوەیەدا شانازیی خۆی بەو هەموو متمانەو پشتیوانی و هاوکارییەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیانە، دوپات کردەوە. کۆمیتەی سەرکردایەتیش بەڵێنی خۆی دوپات دەکاتەوە کە هەتا سەرکەوتن و هەتا شادبون بە هەموو مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی خەڵك درێژە بە خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەی خۆی بدات، بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەو چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەوەو هەر ئەو هێزە شۆڕشگێڕە سەربەخۆیە دڵسۆزەی کۆمەڵانی خەڵك بێت کە ژیان و گیانی بۆ شۆڕش تەرخان کردووەو هەمیشە هەر ڕێبەری خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت لەپێناوی دیموکراسی و مافە ڕەواکانی نەتەوایەتی و چینایەتیدا. بێگومان ئەم جارەش درۆو دەلەسە و بوختانە شاخدارەکانی ناحەزانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشەکەمان ریسوا دەبنەوە کە گوایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆڵی داوەو دەستی لە خەبات هەڵگرتووە، چونکە ڕاستی و ڕوداوەکان هەر ئەمە دوپات دەکەنەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێبەری نەبەزو کۆڵنەدەری جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی خەڵکی کوردستانەو هەتا سەرکەوتن و جێبەجێ کردنی هەموو داخوازییەکانی گەلی کوردستان و هەمیشەو هەردەم خەباتگێڕو شۆڕشگێڕی سەربەخۆی گۆڕەپانی کوردستان دەبێت.

ڕاستە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك هێزێکی گەورەو دەستڕۆیشتووی شۆڕشگێڕو بەرپرسیار، ژیرانەو دوربینانە دەڕوانێتە ڕوداوەکان و بە وردی هەلومەرجی عیراق و کوردستان هەڵدەسەنگێنێت، زۆریش پەرۆشی برایەتیی کوردو عەرەب و جوڵانەوەی نیشتمانیی عیراق و سەربەخۆیی و یەکێتیی نیشتمانیی عیراقێتی، زۆریش باکی خوێنی

شۆڕشگێڕان و هاوولاتییە عیراقییەکانێتی بە کوردو عەرەبەوەو زۆر بە تەنگ ئەمەوەیە کە ئەو خوێنە لە شوێنی خۆیداو لە کاتی پێویستدا بڕژێت نەك لە شەڕی لابەلاو شەڕی نەویستراو. هەر بۆیەش دروشمی ئاشتبونەوەی گشتیی هەڵگرتووەو داوای لە بەرەی جود کردووە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵداتەوە.

بەڵام هەر کەسێ ئەو هەموو هەست بە بەرپرسیاری و ژیری‌و دڵسۆزی و بەپەرۆشییەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە لاوازی و کزی و کۆڵدان و ماندوبون و لادان بداتە قەڵەم، ئەوا خۆی توشی هەڵەیەکی گەورەو بۆچونێکی چەوت و هەڵدێری هەزار بە هەزار دەکات، چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەمڕۆ لە هەموو کات و ساتێك لە ڕوی سیاسی و جەماهیری و پێشمەرگایەتییەوە پتر بەهێزو بەتواناترە، نەك هەر ماندوو و پەککەوتە نیە، بەڵکو حەساوەو ساز و ئامادەشە. هەمیشەو هەتا سەر، بێ لادان و کۆڵدان، بێ نوچدان و وچان، بە هەموو شێوەیەکی سیاسی و پێشمەرگانە، هەتا دەگاتە ئامانج و هەتا داخوازییە دیموکراتی و نەتەوایەتی و چینایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دێنێتە دی، درێژە بە خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەدا.

**دیموکراسی و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە**

کۆمیتەی سەکردایەتی دوپاتی دەکاتەوە کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئەو راستییەی لە کەس نەشاردۆتەوە کە بێ شادبون بە مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانمان، بێ جێبەجێ کردنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، هەرگیز دەست لە خەباتی شۆڕشگێڕانە هەڵناگرێت، بەڵام پڕ بە دڵ وەك هەموو هێزێکی شۆڕشگێڕی بەرپرسیار، ئاواتەخوازین بە ئاشتی و بە خۆشی، ئاواتەکان و مافەکانی خەڵکی کوردستان بسەلمێندرێن و ئێمەش ناچار نەکرێینەوە و پاڵمان پێوە نەنرێت بۆ شێوەکانی تری خەباتی شۆڕشگێڕانە، چونکە پێمان وایە ئەمەیە ڕێگای راستی و پاراستن و بەهێزکردنی برایەتیی کوردو عەرەب و یەکێتیی نیشتمانیی عیراق و بەدیهێنان و پاراستنی سەربەخۆیی راستەقینەی عیراق بە کوردو عەرەبەوە لە دژی پەلاماردەرە داگیرکەرەکان کە نیازی گڵاویان لە کەس شاردراوە نیە.

هەر بە سەلماندن و جێبەجێ کردنی مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی خەڵك، دەتوانرێت هەموو هێزو تواناو وزەی کۆمەڵانی خەڵك ساز بدرێت و بهێنرێتە جۆش و خرۆش بۆ پاراستنی نیشتمان و سەربەخۆیی نیشتمانی. بۆ وێنە، گەڕاندنەوەی جوتیارانی راگوێزراوی کورد بۆ دێهاتەکانی خۆیان لە گەرمیان و کوێستان و سەر سنورەکانی عیراق، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو دێهاتانە، ئەگەر جوتیارەکانی چەکدار بکرێن، ببنە شوورەی پاراستنی نیشتمان. هەروەك راگواستنی خەڵکەکەی بۆتە هۆی ئەوەی دەرگای وڵات بۆ پەلاماردەرانی بێگانە لەسەر گازی پشت بکرێتەوە.

نیشتمان هەر بە هێزی رۆڵە دڵسۆزەکانی دەپارێزرێت، نەك بە هێزی جاش و چڵکاوخۆرەکان و خۆفرۆشان. کۆمەڵانی خەڵك قەڵاو شورەی پاراستنی وڵات و بەربەرەکانێ کردنی داگیرکەرانی بێگانەن. هەر بۆیەش سەلماندنی مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەیانکاتە قەڵاو شورەی پاراستنی سنوری عیراق لە داگیرکەر.

**نەورۆزی رزگاری و ئۆتۆنۆمی**

کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاریدا ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵ بکرێت بە ئاهەنگی نەورۆزی خەبات لەپێناوی رزگاری و ئۆتۆنۆمیدا، رزگاری

لە زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و مەترسییەکانی داگیرکەرانی وڵات و خەبات بۆ بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستانی عیراق تاکو بکرێتە بنکەیەکی پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئێران و هەموو کوردستان. هەر بۆیەش داوا لە هەموو هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات بە هەموو هێزو توانایەکیان خەبات بۆ سەرخستنی ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵمان بکەن کە لە سورداش دەگێڕدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ رێکخستن و سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵمان دانرا.

**بایەخدان بە ناوچەی بادینان**

کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاریدا ئەهەمیەتێکی تایبەت بە بادینان بدات و نەخشە و پلانێکی ژیرانەی بۆ دابنێت بۆ چاکتر هۆشیارکردنەوەو باشتر ناساندنی شۆڕش و یەکێتییەکەمان و داخوازی و ئامانجەکانی گفتوگۆکەمان لەگەڵ میری بە خەڵکە تێکۆشەرەکەی، چونکە سەرکردایەتیی خێڵەکیی بورژوازیی سەر بە بێگانە بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەدات بە درۆو دەلەسە کۆمەڵانی خەڵکی قارەمانی بادینان هەڵخەڵەتێنێت، ناهێڵێ راستیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بزانن و ماوە نادات ئەوانیش شان بە شانی برا کوردەکانی تریان بەشداریی شۆڕشە دیموکراتییەکەمان بە رێبەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەن.

بادینانی تێکۆشەر دوچاری پیلانگێڕییەکی کۆنەپەرستانە بووە. نیازی گڵاوی کۆنەپەرستەکان دابڕینی خەڵکەکەیەتی لە شۆڕش و هێشتنەوەیەتی بە بنکەیەکی شۆڕشی چەواشە تاکو نەبێتە بنکەیەکی شۆڕشگێڕانەو ئەڵقەی گرێدانی خەباتی خەڵکی کوردستانی تورکیاو عیراق بە یەکەوە.

بەڵام بادینان کە ناوچەیەکی تێکۆشەری کوردستانە هەرگیز هەتا سەر لە بن دەستی سەرکردایەتیی خێڵەکی و بورژوازیی نۆکەری بێگانە نابێت.

پێشمەرگە دڵسۆزەکانی بادینان لە دوای چونیان بۆ ئێران و پاش ناردنەوەیان بۆ شەڕی برا پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاش ئەوەی نۆکەرایەتی و جاشایەتییان بۆ ئێران بۆ روون بۆتەوە، تا دێ باشتر لە شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانی دەگەن. زۆربەی خەڵکی هۆشیارو پێشمەرگە دڵسۆزەکانی بادینان، راستییەکانیان بۆ دەرکەوتووەو چاوەڕوانی رزگاربونی ناوچەکەیان و سەرهەڵدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن لە بادینان.

هەرچەند هەندێ دەزگای میری و کەسانی خۆفرۆش دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درۆو دەلەسەیان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام هۆشیاران و دڵسۆزانی بادینانی تێکۆشەر بۆیان دەرکەوتووە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپێناوی بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکان و داخوازییەکانی هەموو خەڵکی کوردستانی عیراق خەبات دەکات. گفتوگۆکەشی هەر شێوەیەکی ئەو خەباتە رەوایەیەو هەر لەپێناوی بەدیهێنانی هەمان ئامانجی خەڵکی کوردستانە.

بۆیە لەسەر کادیرو رێکخراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بادینان پێویستە نەخشەو پلانی راست و رەوا دابنێن و هێزو توانای خۆیان بۆ رۆژی رزگاربون و راپەڕین کە وا هەتاوەکەی لەودیو کەلە، سازدەن.

**هاوخەباتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان**

کۆمیتەی سەرکردایەتی سیاسەتی مەبدەئیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوپات دەکاتەوە دەربارەی هاوخەباتی لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان بە گشتی و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، کە ئەمڕۆ بە کردەوە

خەباتی هەردولامان پاڵی داوە بە یەك و تێکەڵ بە یەکتر بووەو لە دژی پەلاماری داگیرکەرانی ئێرانی و بۆ پاراستنی کوردستان و شۆڕشی کوردستان لەو حکومەتە کۆنەپەرستەی کە باڵی ڕەشی بەسەر ئێراندا کێشاوە. هاوخەباتیی نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عیراق و ئێران نەك هەر سەرەتایەکی راست و رەوایە، بەڵکو پێویستییەکی رۆژانەشە بۆ پاراستن و سەرخستنی شۆڕش لەم دوو بەشەی کوردستاندا.

بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی خۆی بەردەوام دەبێت، سیاسەتی هاودەردی و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران و بەشەکانی تری کوردستان بێ گوێدانە زەرەرەکانی رۆژانەو تۆران و هاربونی داگیرکەرانی کوردستان، چونکە باوەڕی نەگۆڕی بەو گوتەیە هەیە کە دەڵێ هەر ئەو سیاسەتە سەر دەکەوێت کە بەپێی پرنسیپی راست و رەوا دارێژراوە.

هەروەها لە کۆبونەوەی سەرکردایەتیدا باسی هەموو گیروگرفت و مەسەلەکانی ئەمڕۆی خەباتی گەلەکەمان کراو بە تێری باسی پێویستییەکانی گەشەپێدانی خەباتی سیاسی و رێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی و فەرهەنگی کراو بڕیاری پێویستیان بۆ دەرچوو.

## ئاشتبونەوەی گشتی

دیسان کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاری دایەوە کە دروشمی ئاشتبونەوەی گشتی هەر شەکاوە بێت. هەرچەند هێزەکانی بەرەی جودو جاشەکان هەر سورن لەسەر پڕوپاگەندەو دژایەتی کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەوانە تا ئێستا هەر گوێی خۆیان کەڕ کردووە لە بەرانبەر بانگەوازی دڵسۆزانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئاشتبونەوەی گشتی، بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر سورە لەسەر هەوڵ و تەقەللای ئاشتبونەوە لەگەڵ هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردەواری و هەر ئەمەش بە پلان و نەخشەی راست و پێویست دەزانێ.

## لێبوردنی گشتی لە جاشەکان

هەرچەند سەرەك جاشەکان بەشێکی تاوانبارو زۆربەیان دەرەبەگی کۆنەپەرست و داخ لە دڵ و دوژمنانی دێرینی جوتیارانن و هەرچەند ئەم جاشایەتییەیان بۆ بەگژاچونی کوردایەتی و شۆڕشەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چەوساندنەوەی جوتیاران و خەڵکی بێ دەسەڵاتی کوردە، بەڵام کۆمیتەی سەرکردایەتی هەر پێی باشە دەرگای لێبوردنی گشتی لەسەر پشت بهێڵێتەوە بۆ هەموو جاشەکان تاکو بیانگێڕێتەوە لە نیشتمانفرۆشی و دوژمنایەتیی خەڵك و شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چی دیکە خوێنی کورد بە دەستی کورد نەڕژێت. بۆیە داوا لە جاشەکان دەکات ئەم هەل و دەرفەتە لە دەست نەدەن، نەوەك پاشان پەشیمانبونەوە دادیان نادات.

هەڤاڵانی خەباتگێڕو پێشمەرگە نەبەزە کۆڵنەدەرەکان

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەری تەمجیدو تەقدیر بۆ خەبات و فیداکاریی ئێوەو بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان دادەنەوێنێت و ئەم راستییە دەخاتەوە روو کە هەموو سەرکەوتنەکانی گەلەکەمان لە سایەی خەباتی ئێوەو کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستانە. دیسان بە دڵنیاییەوە دەڕوانێتە درێژەدان بە خەباتی رێکوپێك و شۆڕشگێڕانەتان.

کۆمیتەی سەرکردایەتی دڵنیایە کە هەموو هەڤاڵان و دۆستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان باشتر و چالاکانەتر لە جاران، هۆشیارانەتر و ژیرانەتر لە پێشوو، درێژە بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەی خۆیان دەدەن هەتا بەدیهێنانی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە و هەموو ئامانجەکانی تری خەڵکی کوردستان.

بۆ پێشەوە رووەو پەرەپێدان و گەشەپێدانی خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەمان رووەو سەرکەوتن.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## ئۆتۆنۆمی (پرنسیپ)

یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیدا. بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دوا کۆپیی لە یەکی حوزەیرانی ١٩٧٦ بڵاوکراوەتەوە، بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە «سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری سەربەخۆی عیراقدا» یەکێ لە ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتییە. لەم بەیاننامەیەدا شەش جار ناوی ئۆتۆنۆمی هاتووە، لەوانە دوو جار بە شێوەی «ئۆتۆنۆمیی راستەقینە» کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ پوچەڵیی ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە رژێمی بەعس لە١١ی ئازاری ١٩٧٤ لە ڕاگەیەنراوێکی فەرمیدا بە سێ پارێزگای کوردستانی دابوو. هەر لە هەمان بەیاننامەدا سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی هاتووە کە «داننانی سەرزارەکی بە ئۆتۆنۆمیدا کە لە ژێر گوشاری روداوەکان و خەباتی گەلەکەماندا، لە١١ی ئازاری ١٩٧٠ هاتە ئاراوە، لە پەردە پۆشییەك بۆ شاردنەوەی گەوهەرە سوك و چروکەکەی سیاسەتی شۆڤێنیستی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد بەولاوە هیچی تر نەبووە، هەروەك دەرکردنی یاسا دزێوەکەی ئۆتۆنۆمی لە ئازاری ١٩٧٤دا تەنها پەردەپۆشییەك بووە بۆ شاردنەوەی جەنگی دڕندانەی جینۆسایدی تاقمی دەسەڵاتدار لە دژی گەلی کوردستانی عیراق کە تێیدا سەدان گوند تەخت کران و هەزاران کەسی بێتاوان لە ناو بران».

هەروەها لەو بەیاننامەیەی کەدەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانی لە ناوخۆی وڵات لەیەکی ئەیلولی ١٩٧٦ دەری کردووە، جەخت کراوەتەوە سەر پەیوەندیی نێوان دیموکراسیو ئۆتۆنۆمیو تێیدا هاتووە کە «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنی هێزە نیشتمانیو دیموکراتە شۆڕشگێڕو پێشکەوتووەکان لە چوارچێوەی شێوە بەرەیەکی نیشتمانیی دیموکراتیدا بەجۆرێك کە هەموو هێزو پێلە پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەرەکان خەباتیان بەتوندوتۆڵی یەکخەن. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزب نیە، بەڵکو لەپێناوی یەکگرتنی هێزە نیشتمانییەکانو بۆ لە ناوبردنی دەستەگەریو دوبەرەکیدا دروست بووەو ئەو هێزانەی تا ئێستا لە چوارچێوەیدا کۆ بونەتەوە، لەسەر ئەم بنچینەیە یەکیان گرتووە کە خەبات بکەن لەسەر رێبازێکی پێشکەوتووانەی دژ بە ئیمپریالیزمو زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، شانبەشانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری عیراق لەپێناوی عیراقێکی دیموکراتدا کە لە چوارچێوەیدا کوردستان بەئۆتۆنۆمیی راستەقینە شاد ببێت». بەیاننامەکە بانگەشەی بۆ «خەباتی یەکگرتوی هەموو گەلانی عیراق» کردوە «لەپێناوی عیراقێکی دیموکرات و کوردستانێکی ئۆتۆنۆمدا».

دروشمی سەرەکیی رۆژنامەی «شەرارە» بە درێژایی ماوەی نێوان ١٩٧٥-١٩٨٣ «دیموکراسی بۆ

عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» بووەو بەهەمان پێودانگ دروشمی سەرەکیی رۆژنامەی «رێبازی نوێ» لە ماوەی نێوان ١٩٧٦-١٩٨٣ «عیراقێکی دیموکرات و کوردستانێکی ئۆتۆنۆم» بووە.

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا کە باڵی چەپی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب حوکمڕانیی دەکردو دواتریش بونی یەکێتی بە ئەندام لە کۆڕی نیشتمانیی عیراق کە هاوپەیمانییەکی سیاسیی بەرهەڵستکار بوو و باڵی عیراقی حزبی بەعسی سەر بە سوریاو گروپە ناسیۆنالیستەکان تێیدا زاڵ بون، جگە لە بەرزکردنەوەی دروشمی ئۆتۆنۆمی بواری بەرزکردنەوەی هیچ دروشمێکی تری نەدەدا، سەرباری ئەوەی کە کورد بەدرێژایی ماوەی نێوان ١٩٦١-١٩٧٥ ئەوەندەی کە ئاشنایەتیی لەگەڵ دروشمی ئۆتۆنۆمیدا هەبوە، ئاشنایەتیی لەگەڵ هیچ دروشمێکی تردا نەبوە. لە هەموشی گرنگتر ئەوەیە کە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵانی بەراییدا بە گونجاوی نەزانیوە داوای شتێکی زیاتر لە ئۆتۆنۆمی بکات.

ئەگەرچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوتاری راگەیەنراویدا بەردەوام بووە لەسەر بانگەشەکردن بۆ مافی ئۆتۆنۆمی، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ بانگەشەیەکی فراوانی بۆ ئەم مافە نەکردووەو بە هۆی ئەمەوە چەمکی ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی گشتی وەك چەمکێکی لێڵ مایەوە. لەسەر ئاستی دامودەزگاو رێکخستنەکان و دەزگا سەرکردەییەکان، بیری زاڵ ئەوە بوو کە ئۆتۆنۆمیی خواستراو ئۆتۆنۆمییەکە ماف و دەسەڵاتێکی زۆرتر لە مافو دەسەڵاتەکانی ناو دەقی یاسای ساڵی ١٩٧٤ی ئۆتۆنۆمی دەگرێتەوەو ئەو مافانەی کە حکومەتی عیراق لە دیکۆمێنتی یاسای ئۆتۆنۆمیدا بەکوردی داوە مافێکی زۆر کرچو کاڵە کە هیچ بەهایەکی بۆ ئۆتۆنۆمی نەهێشتۆتەوە.

ئەمەش بە ڕونی لەو پرۆژەیەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەردەکەوێ کە دەستەی دامەزرێنەر لە ئەیلولی ١٩٧٦دا پەسەندی کردووەو لە پەرەگرافێکدا لە ژێر ناونیشانی «کوردستانی ئۆتۆنۆم» هاتووە کە«دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی جگە لە کاروباری پاراستنی وڵات، پەیوەندییەکانی دەرەوەو دارایی گشتی کە بەدەست دەزگاکانی ناوەندییەوە دەبن، هەموو دەسەڵاتێکی تریان دەبێ». سەبارەت بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆش لە پرۆگرامەکەدا هاتووە کە «هێزەکانی پۆلیس، ئاسایش، پاسەوانی سنورو پێشمەرگە بە دەزگای بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمییەوە دەبەسترێن». لە روی جوگرافیشەوە، بۆچونی زاڵ ئەوە بوو کەئۆتۆنۆمیی داواکراو پانتاییەکی فراوانتر لە سنوری سێ پارێزگاکەی هەولێرو سلێمانیو دهۆك دەگرێتەوە. پرۆگرامەکەی ساڵی ١٩٧٦ زۆر بە وردی گوزارشتی لەم بیرۆکەیە کردووەو بەمجۆرە سنوری هەرێمی کوردستانی کێشاوە کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: شنگال، زومار، سێمێل، شێخان، تلکێف، باشیك، خانەقین، مەندەلی و پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، کەرکوك و سلێمانی.

ئەو بانگەشە ئایدیۆلۆژییەی کە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ناو رێکخستنەکانیدا بۆ مافی چارەی خۆنوسینی کرد، تا ئەندازەیەکی زۆر تەوژمی بانگەشەی ئۆتۆنۆمیی خاو کردەوەو کەشێکی سایکۆلۆژیی گونجاوی بۆ ئافەروزکردنی فەراهەم کرد.

لە تەموزی ١٩٨٣دا لەو کۆبونەوەیەی کە کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی بالیسانی ناوچەی خۆشناوەتی بەستی، بڕیار درا مافی چارەی خۆنوسین لەجیاتی مافی ئۆتۆنۆمی ببێتە دروشمی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

هەرچەند گۆڕینی دروشمی سەرەکی لە

ئۆتۆنۆمییەوە بۆ مافی چارەی خۆنوسین خۆی لە خۆیدا، لە روی مێژوییەوە، بە هەنگاوێکی گرنگ دەژمێردرێ، بەڵام هەر لە سەرەتاوە زانرا بوو کە سەرجەم مەسەلەکە پەیوەندیی بە دروشمی سیاسییەوە نیە بە قەد ئەوەی کە بە تەرازوی هێزەوە بەستراوەتەوە. تاڵەبانی لە نامەیەکی دورو درێـژدا کە لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨٧دا بۆ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی ناردووە، ئەم بابەتەی بە رونی شرۆڤە کردووەو وتویەتی ئۆتۆنۆمی «دروشمی ئێمە نیە» بەڵام ئەم دروشمە «لە لای ئێمە بە شێوەیەکی رەها رەت نەکراوەتەوە»و لەم سەروبەندەدا یەکە یەکەی ئەو دۆخانەی دیـاری کـردووە کە تێیدا ئۆتۆنۆمی شیاوی ئەوەیە کە پەسند بکرێ و لەم رووەوە دۆخەکانی بەمجۆرە دەستنیشان کردووە:

-ئـەگـەر گەلی کـورد لە ریفراندۆمێکی ئـازادو هەڵبژاردنێکی ئازاددا بڕیاری لێ بدا.

-ئەگەر دیموکراسییەکی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دیکتاتۆری لە ئارادا بوو و جگە لە ئۆتۆنۆمی بواری هیچ شتێکی دیکە نەبوو.

-ئـەگـەر هەلومەرجی ناوچەکە یـان بـارودۆخی نێودەوڵەتی پێویستی پێ بوو.

-ئەگەر بەرژەوەندیی شۆڕشی سۆسیالیستی یان بەرژەوەندیی دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی گەلی لە عیراقدا، پێویستی پێ بوو.

-ئەگەر تـەرازوی هێزە راستەقینە کاریگەرەکان سەپاندی.

-ئەگەر بـەرژەوەنـدیی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی نەتەوەی عەرەب پێویستی پێ بوو.

لـێرە پێویستە ئـەوە لـەبـەرچـاو بگیرێ کـە ئەم هەڵسەنگاندنە لە تێڕوانینێکی تـەواو چەپڕەوانەوە سـەرچاوە دەگـرێ، لە ژێر کاریگەریی بـارودۆخی جیهانی دوو جەمسەری دایـە و پشت بە پاساوی ئایدیۆلۆژیا دەبەستێ. بەڵام هەر لەو نامەیەدا تاڵەبانی رونی کردۆتەوە کە «کاتێك ئۆتۆنۆمیی راستەقینە پەسند دەکەین، ئەو ئۆتۆنۆمییە بە بەشێکی مافی چارەی خۆنوسینی گەلەکەمان دادەنێین».

## پاشکۆ

## ئۆتۆنۆمی لە راپۆرتی سیاسیی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم (١٩٩٢)

هەر لە دێر زەمانەوە بیروڕای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وابووە کە ئۆتۆنۆمی چارەی مەسەلەی نەتەوایەتی ناکات، بەڵکو ئۆتۆنۆمی ئامانجێکی دیموکراتییەو سەرەتای رێکخستنەوەی خەڵکە بۆ بەدەستهێنانی مافی رەوای چارەنوس. واتـە هەر بە مافی چارەنـوس نـەك بە ئۆتۆنۆمی، چارەی مەسەلەی نەتەوایەتی دەکرێت.

تاقیکردنەوەی گەلانیشو رووداوەکانی ئەم دواییەی دنیاش هەر ئەم راستییە دوپات دەکەنەوە کە کێشەی نەتەوایەتی هەر بە مافی رەوای چارەی خۆنوسین چارە دەکرێتو دەبڕێتەوە، لە کاتێکدا ئۆتۆنۆمی چارەی کێشەی نەتەوایەتیی پێ ناکرێت، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١-ئۆتۆنۆمی یەکسانیی راستەقینەی پێ دروست ناکرێت لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی یەك دەوڵەتدا.

٢-ئۆتۆنۆمی هـەمـوو ئـازاردانـی نەتەوایەتیو هەموو شوێنەوارەکانی پێ لانابرێت بەڵکو بەشێکی گرنگی هەر دەمێنێتەوە.

٣-ئۆتۆنۆمی مافە سەرەکییەکەی نەتەوایەتی کە مافی دەسەڵاتداریی نەتەوایەتییە ناهێنێتە دی، لە کاتێکدا کە هەر بە مافی دەسەڵاتداریی نەتەوایەتی مەسەلەی نەتەوایەتی چارە دەکرێ.

٤-ئۆتۆنۆمی لکاندنو شوێنەوارەکانی لانابات.

٥-ئۆتۆنۆمی چارەکردنێکی ریفۆرمیستیی نارەوایە، تەنها ئێشو ئازار کەم دەکاتەوە بەڵام نەخۆشییەکە لە بنەڕەتەوە چارە ناکات.

٦-ئۆتۆنۆمی دەسەڵاتی چینی کاربەدەستی گەلی دەست رۆیشتوو دەپارێزێت، واتە چەوساندنەوە لە ناو نابات، چ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بێ چ چەوساندنەوەی چینایەتی.

٧-ئۆتۆنۆمی ماوەی گەشەکردنی تەواوی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوری نادات و بەتاڵان بردنی سامانی گەلی بندەست و بچوك دێڵێتەوە.

٨-ئۆتۆنۆمی رێگە لە یەکگرتنی بە ئارەزوی گەلانو داڕشتنی نێوانی ئەو گەلانە لەسەر بناغەی بژێوی توندوتۆڵ دەگرێت.

٩-ئۆتۆنۆمی ئاوات و داخوازییە دێرینەکانی هەردوو نەتەوەی برای کوردو عەرەب کەئاواتی رزگاریو یەکگرتنەوەی نەتەوایەتییە، ناهێنێتە دی.

بەڵام هەموو راستییەکانی سەرەوە ئەوە ناگەیەنن کەئێمە لەهیچ ساتو کاتێکدا ئۆتۆنۆمی قبوڵ ناکەین. بەڵێ راستە هەرگیز ئێمە ئۆتۆنۆمی بە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی نازانین، بەڵام وەك مافێکی دیموکراتی، وەك داخوازییەکی دیموکراتی، دەشێ لە یەکێ لەم حاڵەتانەی خوارەوە ئۆتۆنۆمی قبوڵ بکەین تا رۆژی بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین دێتە دی:

١-ئەگەر لە راپرسییەکی ئازاددا گەلی کوردستان بەئۆتۆنۆمی رازی بوو.

٢-ئەگەر تەرازوی هێزەکان سەپاندی بەسەرماندا.

٣-ئەگەر حکومەتێکی دیموکراتی پەرلەمانی هاتە کایەوەو ئازادییە دیموکراتییەکانی بۆ گەلی عیراق دابین کرد بەڵام ئامادە نەبوو لە ئۆتۆنۆمی زیاتر بەکوردستان بدات.

٤-ئەگەر هەلومەرجی نێونەتەوەیی سەپاندی بەسەرماندا.

٥-ئەگەر پەسەندکردنی ئۆتۆنۆمی ببێتە هۆی سەرخستنی دیموکراسی لە عیراق یان ببێتە دابینکەری دەستکەوتە نەتەوایەتییەکانی هەردوو نەتەوەی براو دۆستی کوردو عەرەب.

بەڵام پێویستە لێرەدا ئەم دوو راستییەی خوارەوە دوپات بکەینەوە:

١-قبوڵ کردنی ئۆتۆنۆمی بەم مانایە نیە کە کێشەی نەتەوایەتیی کورد براوەتەوەو ئێمەش سەلماندومانە کەچارەسەر کراوە، بەڵکو بەم مانایە دێت کە لە رێگەی ئۆتۆنۆمیشەوە خەباتەکەمان درێژە پێ دەدەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە رێگەی مافی چارەی خۆنوسینەوە.

٢-ئەمڕۆ رۆژی خەبات کردنە بۆ مافی چارەی خۆنوسین و بەکارهێنانی لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکرات و سەربەخۆدا. واتە هەلومەرجی بابەتیو تایبەتی، ناوخۆییو دەولی سازو لەبارە بۆ ئەم خەبات کردنە، بەڵام ژیرانە و دوربینانە و هەنگا و بە هەنگاو.

## ئۆمەربل (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عیراق لە گوندی ئۆمەربل لە ناوچەی گەرمیان لە ١٨ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧. هێزەکانی سوپای عیراق بە پاڵپشتی تانکی ت-٥٥ لە سەرقەڵاوە لە دوو قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر گوندەکانی ئۆمەربل و گۆپان عارەب بە مەبەستی تەخت کردنیان. پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان و هێزی پشتگیری لێیان هاتنە دەست و بەرسنگی هێرشەکەیان گرت.

هاوکات لەگەڵ ئەم تێکرژانەدا پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە خۆیان گەیاندە گوندەکەو

شانبەشانی پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە. پاش درێژەکێشانی شەڕەکە، پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ و کەرتی ٥ و کەرتی ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان و ناوچەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان و مەفرەزەی کاروباری کۆمەڵایەتیی تیپی ٥١ی گەرمیان و هێزی پشتگیریی گوندەکانی تر بەهانای هێزی پێشمەرگەوە چوون.

سەعات ١٦,٣٠ پێشمەرگە دژە هێرشی دەستپێکرد و لە ماوەی یەك سەعاتدا هێزەکانی سوپای عیراق دەستیان بە پاشەکشە کرد. لە ئاکامی شەڕەکەدا هێزەکانی عیراق زیاتر لە ٩٠ سەربازیان لێ کوژرا، لاشەی ٣٤ سەرباز لە شەڕگە بەجێما، زیانی ماددیی سوپا بریتی بو لەسوتانی ٣ تانك و ١٢ شۆفڵ.

لەم شەڕەدا پێشمەرگە یەك تانکی برازیلیی بە ٨٠ گوللەوە گرت کە دواتر گەیەنرایە ناوچەی قەرەداغ، سەرباری ٥ شۆفڵ و ٣ دۆشکا و ٣٠ کلاشینکۆف و یەك دەزگای بێسیمی جۆری راکاڵ.

زیانی پێشمەرگە ٣ شەهیدو یەك شەهیدی هێزی پشتگیری بوو.

ئۆمەربل: ١٥ کیلۆمەتر لە کفرییەوە دوورە، پێش شاڵاوی ئەنفال نزیکەی ١٢٠ ماڵ دەبوو، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو سوپای عیراق سوتاندویەتی و لە ساڵی ١٩٨٣ بەر هێرشی هەلیکۆپتەر کەوتووە. لە شاڵاوی ساڵی ١٩٨٨ی ئەنفالدا دەوروبەری ٢٠٠ کەسی لێ ئەنفال کراوە.

## ئۆمەرە گەدە (شەڕ)


شەڕێکە لە٥ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٥ لە گوندی ئۆمەرە گەدە لە ناوچەی جەباری لە نێوان پێشمەرگەکانی کەرتی رێکخستنی بازیان و کەرتی ٤ی جەباریو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق و جاش.

لەم شەڕەدا هێزێکی سوپای عیراق بە پاڵپشتی جاشەکان گەمارۆی گوندی ئۆمەرە گەدەی دا کە پۆلێك پێشمەرگەی کەرتی رێکخستنی بازیان و کەرتی ٤ی جەباریی لێ بوو. شەڕ لە بەیانییەوە تا ئێوارە درێژەی کێشاو هێزەکانی عیراق پێنج جار هێرشیان کردە سەر گوندەکەو لە هەر پێنج هێرشدا تێکشکان. لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق تانك و فڕۆکەی پیلاتۆز و هەلیکۆپتەری جەنگییان بەکار هێنا، هەم بەهاوەن گوندەکەیان بۆردومان کردو هەم لە چەمچەماڵەوە تۆپی نەمساوییان بەکار هێنا. شەڕ دە سەعاتی خایاندو لەو ماوەیەدا پۆلێك پێشمەرگە کە لە گوندی تەی مەزاوە بون، بە فریای پێشمەرگەکانی ناو ئۆمەرە گەدە چونو لایەکی گەمارۆی دوژمنیان شکاند. لە ناو گوندیش پێشمەرگەکان بە بەکارهێنانی ئاربیجی، پێشڕەویی تانکەکانیان راگرت. لە کۆتاییدا هێزەکانی دوژمن بەبێ ئەوەی ئامانجەکانیان بەدی بێنن، کشانەوە.

شەڕەکە کوژرانی ٧٠ سەربازی کۆماندۆو جاشی لێ کەوتەوە. هێزی پێشمەرگە یەك شەهیدی بە ناوی سەبور ئەحمەد محێدین هەبوو کە دواتر تەرمەکەی لە گوندی دێڕەشە بە خاك سپێردرا.

ناوی هەندێ لەو پێشمەرگانەی کەبەشدارییان لەم شەڕەدا کردووە: ئەحمەد عەسکەری بەرپرسی کەرتی رێکخستنی بازیان، کەریم حەمید ئاغای زەنگنە ئەندامی کەرتی رێکخستنی سنوری کەرتی ٥ی باسەڕە، شوان جەباری ئەندامی کەرتی رێکخستنی جەباری، چیا چەمچەماڵی، یاسین بچکۆل، سەمەد گلی، شەماڵ ئۆمێك، مەسعود جەباری، مەدحەت جەباری، سەبور ئەحمەد محێدین، رزگار تەپەلویی، نەجات تەپەلویی، یاسین خەجێ، سەیاح فاتیح، سەباح فاتیح، رەفعەت خاڵە بازیانی، حەسەن قەرەوەیسی، عادل نادر.

## ئەبوبەکر حسێن ئەحمەد*



پێشمەرگە و کادیری چاپخانە. ناسراو بە بەکری خەتات. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گەڕەکی حاجی حانی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٦٧ خراوەتەوە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی لە خوێندنگەی مەڵکەندیی دووەم و قۆناغی ناوەندیی لە خوێندنگەی کانێسکان تەواو کردووە. پاشان چۆتە ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانیو لە بەشی ئوتومبیل خوێندویەتیو ساڵی ١٩٧٩، ئەم قۆناغەی تەواو کردووە.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٤ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. دواتر، بۆ بەشداری کردن لەخولێکی پێشمەرگەیی، گوێزرایەوە بۆ بارەگای مەکتەبی عەسکەری لە زەڵێ و تا ساڵی ١٩٨١ لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٩٨٢ پاش بەشداری کردنی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران، گوێزرایەوە بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و لە سنوری دۆڵی جافەتیو دۆڵەڕوت ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیی جێبەجێ کرد.


ساڵی ١٩٨٣، کاتێك چاپخانەی برایم عەزۆ بۆ ماوەی چەند مانگێك لەگوندی هەڵەدن دانرا، پەیوەندیی بە چاپخانەوە کرد و بەهرەکانی خۆی لە بواری خۆشنوسیو دیزاین کردنی پۆستەری شەهیدانو رۆژنامە و بڵاوکراوەکان خستە بەر خزمەتی چاپخانەوە. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە دەرکردنی رۆژنامەی «ژیلوان» کە ئەنجومەنی گوندی هەڵەدن دەری کردووە. ساڵی ١٩٨٥، کاتێك رژێمی بەعس بڕیاری داخستنی خوێندنگەکانی دۆڵی جافەتیی دا، خۆبەخشانە وەك مامۆستا وانەی لە خوێندنگەی گوندی هەڵەدن وتەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکەی رژێم کاریگەریی خراپ لەسەر ئاستی زانستیی خوێندکارەکان بەجێ نەهێڵێ. پاش ئەوەی دانیشتوانی گوندی هەڵەدن لە سۆنگەی تۆپبارانی بەردەوامی گوندەکەوە پەراگەندە بون و خوێندنگەی گوندەکە داخرا، چوو بۆ گوندی مالومەو بەهەمان شێوە وەك مامۆستای خۆبەخش لە خوێندنگەی گوندەکە وانەی وتەوە. لەمالومە، سەرباری ئەرکی مامۆستایەتی، لێپرساوەتیی مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیریی گوندەکەی پێ سپێردرا.

لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەکانی قەیوان- ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦، بە کارێکی تایبەت بەڕێکخستن رەوانەی بەغدا کرا. بەڵام لە ناو شاری سلێمانی، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە شوێنەکەی ئاشکرا کرا و لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵە دەستگیر کرا. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا و لە٣ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ لە زیندانی ئەبوغرێب لەسێدارە درا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* ژیلوان (رۆژنامە).

## ئەبوبەکر خۆشناو



پێشمەرگەو شاعیرو نوسەرو وەرگێڕ. ناوی تەواوی ئەبوبەکر عەبدوڵڵا حەسەن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی خۆرانی بناری چیای سەفین. هەر سێ

قۆناغی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە.

مێژوی دەرکەوتنی لەجیهانی شیعرو ئەدەبیاتدا بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان دەگەڕێتەوە، کاتێك خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی بوو. لە ساڵی ١٩٧٦ یەکەم دیوانە شیعری بە ناونیشانی «کۆلۆمبس کیشوەرێکی تر دەدۆزێتەوە» دەرکرد. ئەم دیوانە شیعرە ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیدا کرد، هەم لەبەر نامۆیی ناونیشانەکەی هەم لەو روانگەیەوە کە دیوانەکە هەندێ ئاماژەی بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی نوێ‌و بەدی هێنانی جیهانێکی نوێ تێدا بوو. شیعرو نوسینەکانی بۆن و بەرامی بیری چەپ‌و پێشکەوتنخوازی‌و شۆڕشگێڕییان لێ دەهات. ئەمەش زۆر بەڕونی لەو وتارەیدا رەنگی داوەتەوە کەساڵی ١٩٧٨ بە شێوەی نامیلکەیەك بە ناونیشانی «گیڤارای شۆڕشگێڕ» بڵاوی کردۆتەوە. بانگەشە بۆ گیڤارا، لە ناوەڕۆکدا بانگەشە بووە بۆ شۆڕش. هەر بۆیە ئەم نامیلکەیە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا، بەتایبەتی لە ناو پێشمەرگەو کادیرەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، زۆر رمێنی هەبوو.

ساڵی ١٩٧٨ لە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیرا بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠دا وازی لە خوێندن هێناو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لەم سەروبەندەدا گوێزرایەوە بۆ گوندی توژەڵە، کە بارەگای راگەیاندنی ناوەندیی لێ بوو و لەوێ وەك کادیرێکی راگەیاندن کاری کرد. جگە لەوەی کەوەك ئەندامی دەستەی نوسەران کاری لە «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق»دا کردووەو بابەتی تێدا بڵاوکردۆتەوە، وەك کادیرێکی تەکنیکیش ئەرکی تایپ کردن و هەڵەبڕیی لە چاپخانە گرتبووە ئەستۆ. لەو روانگەیەشەوە کە خۆی بە چەپ‌و بە بیروباوەڕ مارکسیست زانیوە، لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. هەر ئەو ساڵە چەند وتارێکی مارکس و ئەنگلسی دەربارەی شەڕی پارتیزانی لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی‌و لە چاپخانەی برایم عەزۆ بە چاپی گەیاند.


هەمان ساڵ بەشدار بوو لەو هەوڵانەی کە دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانیان لێ کەوتەوەو لە ساڵی دواتردا وەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «پێروو» کە یەکێتیی نوسەران دەری کردووە، کاری کرد.

ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی پەرەسەندنی ململانێ لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا، پشتگیریی ئەو باڵەی کرد کە دواتر ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشی لێ کەوتەوەو لەگەرمەی پەرەسەندنی تەنگ هەڵچنین بەلایەنگرانی ئەو باڵە، پەنای بۆ ئێران بردو لە ئۆردوگای زێوێ لە نزیك شاری ورمێ گیرسایەوە. لە ساڵانی ١٩٨٦و ١٩٨٧دا دوو دیوانە شیعری بە ناونیشانی «تورەیی شاخەکان» و «سرودی بەرەنگاری» بڵاوکردەوە.

ساڵی ١٩٨٨ بە هۆی هەندێ کێشەی ناوخۆیی‌و مەسەلەی فیکرییەوە، خۆی‌و عیماد ئەحمەد و چەند کادیرێکی دیکە لە ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشی دایك جیا بونەوەو رەوتێکیان بە ناوی رەوتی کۆنفرەنسی ئاڵای شۆڕش پێکهێنا. شوێنکەوتووانی ئەم رەوتە دیدێکی میانڕەویان بۆ مەسەلە فیکرییەکان هەبوو و دژی تیۆریی بەسۆسیال- ئیمپریالیست کردنی یەکێتیی سۆڤێت بون. لەم ماوەیەدا بەشدار بوو لە دەرکردنی دوو بڵاوکراوەدا، یەکێکیان گۆڤاری «ئاڵا»یەو ئەوی دیکە گۆڤارێکە بە ناوی «پەیامی کرێکاران».

ساڵی ١٩٩١ لە شەقڵاوە لەگەڵ چەند نوسەرێکدا بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری «مەم» کە گۆڤارێکی ئەدەبیی گشتی‌و سەرنوسەرەکەی سابیر رەشید بووە.

هەر ئەو ساڵە بەشداریی لەو هەوڵانەدا کرد کە بونە مایەی یەکگرتنەوەی باڵی کۆنفرەنسی ئاڵای شۆڕش و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە قادر عەزیز رابەرایەتیی کردووە. یەکگرتنەکە بەو ئاکامە گەیشت




که ببێ به ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی زەحمەتکێشان.

ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ هەر یەك له مەلا بەختیارو عیماد ئەحمەدو سالار عەزیزدا بەشدار بوو له دروست کردنی فراکسیۆنێك به ناوی «پەیڕەوی یەکگرتن» له ناو حزبی زەحمەتکێشاندا کەئامانجەکەی یەکگرتنەوە بوو لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا. لەتەموزی ئەو ساڵەدا فراکسیۆنەکە به شێوەیەکی فەرمی وازی له حزبی زەحمەتکێشان هێناو پەیوەندیی به یەکێتیی نیشتمانییەوە کرد. لەم یەکگرتنەوەیەدا خۆشناو بووە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٤ پاش پێکهێنا مەکتەبی هۆشیاری، کرایە جێگری لێپرسراوی مەکتەبەکە. لەم قۆناغەدا دەستی به خوێندن کردەوە له زانکۆی سەلاحەددین له هەولێرو له ساڵی ١٩٩٦دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەدەست هێنا.

ساڵی ١٩٩٨ لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤاری «ڕێبازی نوێ»ی پێ سپێردرا. لەم قۆناغەی ژیانی ڕۆشنبیرییدا بایەخێکی تایبەتی به وەرگێڕان داوەو چەند لێکۆڵینەوەیەکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە کتێبێکی ڕۆبەرت ئۆلسن دەربارەی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران (١٩٩٩) و کتێبەکەی دێڤد ماکداول «مێژوی هاوچەرخی کورد» (٢٠٠٢)و سەفەرنامەی هێنری بێندەر (٢٠٠٦) و کتێبەکەی ئارنۆلد تۆینبی «جینۆسایدی ئەرمەنییان» (٢٠٠٨) و هی تر، سەرباری چەند ڕۆمانێکی جیهانی.

له ساڵی ٢٠٠١دا بڕوانامەی ماستەری له «شیعری بەرەنگاریی کوردی له ماوەی ١٩٧٥-١٩٩١» له زانکۆی سلێمانی بەدەست هێناو دواتر به مامۆستا له بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دامەزرا.

له ساڵی ٢٠٠٧ توێژینەوەیەکی وێژەیی بەراوردکاری به ناونیشانی «لێکچونو جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆرانو نیمایۆشیج» پێشکەش به زانکۆی سلێمانی کردو بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەدەست هێنا. له٢٥ی تەموزی ٢٠١١دا به نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

* پێڕوو.
* ئاڵای شۆڕش (ڕێکخراو).
* ئاڵای شۆڕش - کۆنفرەنس (ڕێکخراو).

## ئەبوبەکر عوسمان



کادیری ڕێکخستن و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. ناسراو به مەلا ئاوات. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی شارۆچکەی دیبەگە له پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی له دیبەگە تەواو کردووەو پاشان چۆتە

خانەی مامۆستایان.

ساڵی ١٩٦٧ لە دیبەگە پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو بۆتە ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنی قوتابیان. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧١، هیچ پەیوەندییەکی بە پارتییەوە نەماوەو لەو ماوەیەدا زۆرتر لە بیروباوەڕی چەپو پێشکەوتنخوازانە نزیك بۆتەوەو پێی ئاشنا بووە. ئەمەش ڕێی بۆ ئەوەی خۆش کردووە کە لە ساڵانی ئاییندەدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکا.

ساڵی ١٩٧٤ لە خانەی مامۆستایانی دهۆك وەرگیرا. ساڵی پاشتر خۆی بۆ خانەی مامۆستایانی هەولێر گواستەوەو لەوێ خوێندنی تەواو کرد. ساڵی ١٩٧٥ لە ڕێی مەولود هەمزەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٧ لەگوندێکی ناوچەی شێروان مەزن بە مامۆستا دامەزرا. هەر ئەو ساڵە لە سۆنگەی شاڵاوی گرتنو ڕاوەدونانی ئەندامانی کۆمەڵەوە پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنە نهێنییەکاندا پچڕا. ماوەی دابڕانی لە ڕێکخستن نزیکەی یەك ساڵی خایاند.

ساڵی ١٩٧٨ وەك کادیرێکی ڕێکخستن سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی ئۆردوگا زۆرەملێکانی شاوێسو پیرزینو بەستۆرەو بەشێکی ناوچەی بەڕانەتیو هەندێ لە ڕێکخستنەکانی ناو هەولێرو دیبەگەی کردوە. لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ناوخۆیی لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا پشتگیریی باڵی ئاڵای شۆڕشی کرد. لە ساڵی ١٩٨٦دا دەزگا ئەمنییەکان بڕیاری دەستگیرکردنیان دەرکرد بەڵام ئەو خۆی دەرباز کردو پەیوەندیی بە بنکەکانی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشەوە کرد. ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩١ی لە ئۆردوگای ئاوارەکانی زێوەی مەرگەوەڕو بادینان بەسەر بردو لە ساڵی ١٩٨٨دا بەشداریی لە شەڕی خواکورکدا کرد.

ساڵی ١٩٩٢ دوای ئەوەی کە ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا یەکی گرتەوە، کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوەکانی حزبی زەحمەتکێشانو هەر ئەو ساڵە وەك نوێنەری حزبەکەو بەپێی سازانی حزبەکان سەبارەت بە دابەش کردنی لێپرسراوەتییەکان، کرایە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٣ دوای ئەوەی فراکسیۆنی ئاڵای شۆڕشی ناو حزبی زەحمەتکێشان پەیوەندیی بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد، کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ٧ی ڕێکخستنی ئاکرێ. ساڵی دواتر بە هەمان پلە لەمەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر دەستبەکار بوو.

ساڵی ١٩٩٦ دوا بەدوای ڕوداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، لە ڕانیە گیرسایەوەو لەو ماوەیەدا لێپرسراوی کۆمیتەی ئاوارەکانی هەولێر بووە لە قەڵادزێو ڕانیەو کۆیە. ساڵی ١٩٩٩ بەشداریی لەکۆنفرەنسی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێردا کرد و دواتر کرایە کارگێڕی مەڵبەند.

ساڵی ٢٠٠٣ پاش گەڕانەوەی بارەگای مەڵبەند بۆ هەولێر، لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی دیبەگەی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٤ لە بەشی مێژوی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی کۆیە وەرگیراو ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی مێژوی بەدەستهێنا. ساڵی ٢٠٠٩ وەك بەڕێوەبەری گشتیی شوێنەوار دەستبەکار بوو. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

## ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر



نوسەر و پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە مەلا شاخی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی بیرەسپان لە ناحیەی پردێ. خوێندنی ئاینیی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشەوە کردو پاش هەرەسهێنانی شۆڕش گەڕایەوەو بۆ باشووری عیراق دوور خرایەوە.

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٨١ بوو بە پێشمەرگە لە هەرێمی ٢ی کەرکوک. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، پێشمەرگایەتیی لە تیپی ٢١ی کەرکوک و تیپی ٩٣ی کۆیە کردووە. لە قۆناغی دوای ئەنفالەکان، بەشدار بوو لە یەکە پارتیزانەکان. ساڵی ١٩٩٠ بووە ڕابەری سیاسیی بەتالیۆنی ٩ لە دۆڵەکۆگە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بوو لەڕزگارکردنی ڕانیەو چوارقوڕنەو کۆیەو هەولێرو پردێ و کەرکوک و دواتر بووە لێپرساوی بەرەی کوردستانی لە ئۆردوگای بنەسڵاوە لە هەولێر.

لە نیسانی ١٩٩١ەوە تا حوزەیرانی ١٩٩٣ لێپرساوی کۆمیتەی یەکێتی بوو لە بنەسڵاوە. ساڵی ١٩٩٣ بووە ئەندامی فەرماندەیی ناوچەی کەرکوک لە وەزارەتی پێشمەرگە. لە ماوەی ١٩٩٤- ٢٠٠٤ ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بوو. لە ماوەی ١٩٩٦- ٢٠٠٤ سکرتێری کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکوک بوو. لە ماوەی ٢٠٠١- ٢٠١١ جێگری لێپرساوی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوک بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا بە ئەندامی خولی یەکەمی





ئەنجومەنی ناوەند دانرا و لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠، بە ئەندامی ئەنجومەن هەڵبژێردرا.

وتارو نوسینی لە ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا هەیەو ماوەیەکیش سەرنوسەری گۆڤاری «کەرکوک» بوو. زۆربەی کتێبەکانی بۆ دیکۆمێنت کردنی سەردەمی پێشمەرگایەتی تەرخان کراون، بەتایبەتی قۆناغەکانی ئەنفال و پارتیزانی، لەوانە «ئەنفالی خاڵخاڵان» (٢٠٠٠) کە وەرگێڕدراوەتە سەر هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، «ئەنفالی ڕەش» (٢٠٠٧) و «پارتیزانەکانی دوای ئەنفال» (٢٠١٢). بەڵام سەرنجڕاکێشترین بەرهەماکانی، کتێبە ٢٢٨ لاپەڕەییە قەبارە بچوکەکەی «جوامێری: پارتیزانە شیوعییەکانی دوای ئەنفال»ی ساڵی ٢٠١٩ یە کە تێیدا وردەکاریی هاوکاریی نێوان پارتیزانەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پارتیزانەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە قۆناغی دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لە ناوچەی گەرمیان دەگێڕێتەوە و لە پێشەکییەکەیدا نوسیویەتی «بیرەوەری و یاداشتی پارتیزانەکان باشترین گەواهی لەسەر ئەوە دەدەن

کە هاوکاریی پارتیزانەکان لە گەرمیان، پیرەمەگرون، شارباژێڕ، بیتوێن، کۆیە، شوان، شێخ بزێنی، هەولێر، باڵەکایەتی، سۆران و بادینان، پاڵپشت بون بۆ درێژەدان بە خەبات و ئاشبەتاڵ نەکردن».

ئەم کتێبانە بە سەرچاوەیەکی دیکۆمێنتکراو بۆ تاوتوێکردنی قۆناغی شاڵاوەکانی ئەنفال دەژمێردرێن.

## ئەبوبەکر نوری قادر*



کادیری ڕێکخستن و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. ناسراو بەئاشتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی شاری سلێمانی. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر بنەماڵەی شێخە مەردۆخییەکانی قەرەداغ. هێشتا منداڵ بوو کە نەخۆشی پرزەی لە باوکی بڕی و بووە هۆی کۆچی دوایی. دایکی، بە ژیانی کولەمەرگی، منداڵەکانی بەخێو کردو بەڕەنجی شانی خۆی، بە کاری دروومان، بەخێوی کردن.

ئەبوبەکر بۆ دابینکردنی بژێوی و بۆ یارمەتیدانی دایکی، دەستی بە کرێکاری کردو لە خوێندنیش دوا نەکەوت، توانی ببێ بە خوێندکار لە کۆلیجی ئاداب لە زانکۆی سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٥ بووە ئەندام لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بۆ ساڵی دواتر بووە پێشمەرگە لە ناوچەی قەرەداغ و وەك کادیرێکی سیاسی دەستی بە هەڵسوڕانی پێشمەرگانە کرد. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشدار بوە لە چەندین شەڕو لە هەموویاندا ڕۆڵێکی ئازایانەی گێڕاوە لەوانە شەڕەکانی قازانقایەو دارۆغا لە ناوچەی قەرەداغ.

بەپێی دابەشکردنی کارەکان، ئەرکی ڕێکخستنی جوتیارانی پێ سپێردرابوو. ئەمەش زۆر جار پێویستی بەوە دەکرد، کە لە مەفرەزەکان جیا ببێتەوەو بە نهێنی لەگوندەکان خۆی بشارێتەوە. لە ٢٦ی شوباتی ١٩٧٨ لەگوندی قارەمان لە ناوچەی قەرەداغ دەستگیر کراو برایە سلێمانی و دواتر برایە کەرکوك و پاشان بڕیاری لە سێدارەدانی درا. لە ١٧ی مانگی حوزەیراندا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە درا.

لە نامەیەکدا کە ١٠ سەعات پێش لە سێدارەدانی نوسیویەتی و بۆ کۆمیتەی سلێمانیی ناردووە، داوای کردووە دەستی یارمەتی بۆ کەسوکاری شەهیدان درێژ بکرێ و نامەکەشی لە دەرفەتێکی گونجاودا لە گۆڤارێکی شۆڕشدا بڵاو بکرێتەوە. ساڵی ١٩٧٩ نامەکانی کە لە زیندانەوە ناردبوونی، لە ژمارە ٢ی خولی یەکەمی گۆڤاری «کۆمەڵە»دا بڵاو کرانەوە.

## ئەتروش (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکیی گرتنی ٨ ڕەبیەی هێزەکانی عیراق لە ناوچەی ئەتروش لە دەڤەری بادینان لە لایەن هێزەکانی لیژنەی بادینانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی ئابی ساڵی ١٩٨٧ هێزێکی هاوبەش کە لە لیژنەی بادینانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوو، هێرشی کردە سەر ٨ ڕەبیەی سوپای عیراق لە ناوچەی ئەتروش و دەستی بەسەردا گرت.

لە ئەنجامی ئەم چالاکییەدا ٢٢ سەرباز کوژرانو ئوتومبیلێکی ئیڤا تێك شکێنرا. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە لەم چالاکییە بریتی بوو لە ٨ ئاربیجی بە ٥٦ گوللەوە، ١٠ کلاشنکۆف بەحەوت هەزار فیشەکەوە، یەك ڕەشاشی دکتاریۆف، ٣ دەمانچە، ٣ سندوق نارنجۆکو ٩ مین.

ڕۆژی دواتر هێزێکی سوپای عیراق پەلاماری ناوچەکەی دا و روبەڕوی هێزی پێشمەرگە بۆوە. شەڕێکی سەخت دامەزراو لە دواییدا هێزەکەی سوپای عیراق ناچار بوو ناوچەکە بەجێ بێڵێ. لە ئاکامی شەڕەکەدا سەربازێك بە دیل گیراو هاوەنێکی ١٣٥ ملمو دوو ئوتومبیل تێك شکێنران. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوو.

## ئەحمەد بامەڕنی



دیپلۆماتکار. ناوی تەواوی ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی ناحیەی بامەڕنیی سەر بە قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆك. خوێندنی سەرەتایی لە بامەڕنی دەست پێکردوەو لە ساڵی ١٩٦١دا بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕو سوتاندنی گوندەکەیەوە، خانەوادەکەی بامەڕنیی بەجێ هێشتووەو ماوەی چەند مانگێك لە دهۆك ماوەتەوە، پاشان لە موسڵ گیرساوەتەوە. لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد. دواتر خانەوادەکەی رووی لە بەغداکردو پاشان گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە ئامێدی گیرسایەوە. لەوێ خوێندنی ناوەندیو ئامادەیی تەواو کرد. ساڵی ١٩٦٩ لە بەشی زمانی ئینگلیزیی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە.

لە قۆناغی ئامادەییدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو لە قۆناغی زانکۆشدا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی کۆلیجەکەی پێ سپێردراوە. ساڵی ١٩٧٤، دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو وەك ئینگلیزیزان لە بواری وەرگێڕانو پەیوەندییەکاندا سود لەتوانای وەرگیرا.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو. لەوێوە چوو بۆ فەرەنساو پاشان بۆ هۆڵاند. لە ئابی ١٩٧٥ لە کاتی بەڕێوەچونی کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە بەرلین، چاوی بە تاڵەبانی کەوت و ئەم دیدارە سەرەتای پەیوەندی کردنی بوو بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کە تازە دامەزرابوو.

ساڵی ١٩٧٦ مافی پەنابەریی لە فەرەنسا بەدەست هێنا، لە پاریس گیرسایەوەو دەستی بە دروست کردنی ڕێکخستن کرد بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەو ماوەیەدا نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کرد لە فەرەنسا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٣دا بە هەماهەنگی لەگەڵ دکتۆر عومەر شێخموس کە رۆژنامەی «سپارك»ی بە زمانی ئینگلیزی وەك ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرکردووە، ئەرکی وەرگێڕانی بابەتەکانی رۆژنامەکەی بۆ سەر زمانی فەرەنسی گرتە ئەستۆو لە دوتوێی رۆژنامەیەکدا بە ناوی «لیتنسەل» بڵاوی کردەوە. لە ساڵی ١٩٧٨ دا لە بەشی زمان لە زانکۆی سۆربۆن وەرگیرا. ساڵی ١٩٨٠ لە ڕێگەی ئێرانەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە گوندی توژەڵە لە بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کاری کرد. هەر ئەو ساڵە داوای لێ کرا بگەڕێتەوە بۆ فەرەنساو وەك ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرقاڵی کاری دیپلۆماتکارانە بێ. ساڵی ١٩٨١ خوێندنی لە زانکۆی سۆربۆن تەواو کردو بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێنا.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ تاڵەبانی گەڕایەوە بۆ کوردستان. لە ساڵی ١٩٩٢ دا لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراو ساڵی ١٩٩٤ گەڕایەوە بۆ فەرەنسا.

لە ساڵی ١٩٩٧دا ئۆفیسی نوێنەرایەتیی ئیدارەی

سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە برۆکسلی پایتەختی بەلژیك کردەوەو تا ساڵی ٢٠٠١ لێپرسراوەتیی ئۆفیسەکەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠١ دوا بەدوای گوێزانەوەی نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پاریسەوە بۆ واشنتۆن، گەڕایەوە بۆ پاریس و نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی تێدا کرد. لە هەمان کاتدا سەرپەرشتیی ئۆفیسەکەی برۆکسلیشی دەکرد.

ساڵی ٢٠٠٣، دوا بە دوای روخانی رژێمی بەعس، چوو بۆ بەغدا و لە دامەزراوەی ئەنجومەنی حوکمدا لەگەڵ هەر یەك لە تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفا کاری کرد.

لە ئابی ٢٠٠٤دا بە پلەی باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق دامەزرا. لە ١٨ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ لێپرسراوەتیی باڵیۆزخانەی عیراقی لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید گرتە ئەستۆو وەك باڵیۆز کاری کرد. لەو ماوەیەدا سەرباری کاری وەك باڵیۆز لە باڵیۆزخانەی سوید، وەك باڵیۆزێکی نانیشتەجێی نەرویژ باڵیۆزخانەکەی ئەوێشی بەڕێوە برد. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥دا بە باڵیۆزی عیراق لە ئیتالیا دامەزرا.

سەرباری کارکردنی لە بواری پەیوەندییە سیاسیو دیپلۆماسییەکاندا، کتێبێکی بە ناونیشانی «بەهاری کوردستان» بە زمانی فەرەنسی هەیە کە ساڵی ١٩٩٨ خانەی رامسیێ، یەکێ لە ناودارترین خانەکانی چاپو بڵاوکردنەوە لە فەرەنسا، بڵاوی کردۆتەوە.

لە ٢١ی ئابی ٢٠٢٠دا بەهۆی پەتای کۆرۆناوە، لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.


## ئەحمەد بڕنە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ١١ی هەورامان و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق و جاشەکان لە یەکی ئازاری ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی ئەحمەد بڕنە لە ناوچەی شارەزور. سەرلەبەیانیی ئەو رۆژە هێزێکی گەورەی سوپای عیراقو جاشەکان لە سێ لاوە گوندی ئەحمەد بڕنەی گەمارۆ دا. گوندەکە هێزێکی تیپی ١١ی هەورامانی بە فەرماندەیی مەحمود حاجی فەرەج کۆکۆیی لێ بوو.

شەڕ سەعات ٨ دەستی پێکردو تا دەوروبەری نیوەڕۆ بەردەوام بوو. لە ئەنجامدا ژمارەیەك سەرباز کوژرانو بریندار بون. لە هێزی پێشمەرگە، پێشمەرگەیەکی هەڵەبجەیی بە ناوی شێخ عەلی شێخ محەمەد شەهید بوو کەدواتر تەرمەکەی لەگوندی قەڵبەزە بەخاك سپێردرا. دوو هاووڵاتیی گوندەکەش بە ناوی کەریم مەلا مارفو ناجی حسێن فەتاح شەهید بونو دوو هاووڵاتیی تریش کەبرای شەهیدەکان بون، بە ناوی حەمەی مەلا مارفو عارف حسێن فەتاح بەدیل گیران.

هێرشەکەی هێزەکانی عیراق لە تۆڵەی ئەو بۆسەیە بوو کە مەفرەزەیەکی تیپی ١١ی هەورامان لە ٢٩ی شوبات لەسەر رێگای سەرەکیی عەربەت-دەربەندیخان لە نزیك گوندی چنارە بۆ کاروانێکی سەربازیی دانابوو و تێیدا ئەفسەرێك بە پلەی رائیدو ١٤ سەرباز کوژران.

## ئەحمەد تۆفیق مەعروف



پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. ناسراو بە مام ئەحمەدی دادی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٦ی شاری سلێمانی.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٣٩ تێکەڵ بە دنیای سیاسەت بووەو لە ڕیزەکانی خوێندکاران و لاوان کاری کردووە. ساڵی ١٩٤٢ ئامادەیی نەخۆشەوانیی تەواو کردووەو بڕوانامەی برینپێچیی وەرگرتووە و لە فەرمانگەیەکی حکومی دامەزراوە، بەڵام لەبەر بەشداریی لە خۆپیشاندانەکاندا، پاش ١٥ ڕۆژ کارمەندییەکەی لێ سەنراوەتەوە.

لە سەرەتادا پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد، بەڵام لەبەر پێداگرتنی لەسەر بۆچوونی نەتەوەیی خۆی، نەیتوانی لە ناو ئەم حزبە بەردەوام بێ. دواتر پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. لە ژیانی سیاسییدا چەندین جار دەستگیر کراوەو ئەشکەنجە دراوەو زیندانی کراوە، وەك لە ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٤٩.


لە شۆڕشی ئەیلولدا وەك برینپێچ بەشداریی کردووەو ئەرکی پیشەیی خۆی لە قەرەداغ و شارباژێڕ بەڕێکوپێکی ئەنجام داوە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی جوتیارانی سلێمانی بوو. پاش هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە ساڵی ١٩٧٦دا لەڕێگەی عەلی عەسکەری و خالید سەعیدەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد.

لە حوزەیرانی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە. وەك کادیر لە کۆنفرانسەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا بەشداریی کردو لە ساڵی ١٩٨٧ لە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕان خزمەتی کرد.

لە پێشمەرگایەتیدا ساڵی ١٩٨٨ جەڵتەی دڵ لێیدا، بۆیە بۆ چارەسەر برایە ئێران و لەوێوە چوو بۆ ئەڵمانیاو پاشان لە سوید گیرسایەوە.

لە ٢٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ لە سوید کۆچی دوایی کردو دواتر تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردرا.

## ئەحمەد جەمیل هیرانی*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندەی هێز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی سولاوك لە بناری چیای سەفین. تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووەو بە هۆی سەرقاڵبونی بە دابین کردنی بژێوی خێزانەکەی، لەوە زیاتر نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدا.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارەوە کرد. ساڵی ١٩٧٧ لە سنوری هەرێمی ٧ی باڵەك ژیانی پێشمەرگایەتیی بەسەر برد. لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩دا لە شەڕێکدا لەگوندی نازەنین بە بریندارى کەوتە دەست هێزەکانی عیراقو بە دیلی ڕەوانەی دەزگای لێکۆڵینەوەی کەرکوك کرا. دوای نزیکەی مانگ‌و نیوێك، لە١٩ی تشرینی دووەمدا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

لە یەکی تەموزی ساڵی ١٩٨٠ جارێکی تر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوە. لە جاری دووەمی پێشمەرگایەتیدا پلەکانی پێشمەرگایەتیی یەك لەدوای یەك بڕی و لە ساڵی ١٩٨١دا کرایە فەرماندەی مەفرەزە و لە ساڵی ١٩٨٤دا کرایە فەرماندەی کەرتی ٤ی تیپی ٩١ی سەفین. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا نۆ جار بریندار کراوە.


پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پلەی فەرماندەی هێزی بەدەست هێنا. لە شەڕی ناوخۆدا، لەشەوی ٢٤ لەسەر ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤دا لە شەڕێکدا لەگوندی ئاقوبانی بناری چیای سەفین شەهید کرا.

# ئەحمەد عارف



نوسەرو رۆژنامەنوس. ناوی تەواوی ئەحمەد عەبدولکەریم عارف. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی حەساری گەورەی ناوچەی بیبانی. ریشەی چینایەتیی دەچێتەوە سەر خێزانێکی جوتیاری هەژار. هەر لەو گوندە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ خێزانەکەیدا گوندەکەی بەجێ هێشتو لەگەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوك گیرسایەوە. لەوێ بەردەوام بووە لەسەر خوێندن و هەر لەوێش پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردوەو پلەی ئەندامی ناوچەی بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بەشێکی ژیانی ئەو ماوەیەی لە ئۆردوگای ئاوارەکانی سەرپێڵی زەهاو لە ئێران بەسەر برد. پاش راگەیاندنی رێککەوتنی جەزایر لە ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عیراقو ئێرانو دەست هەڵگرتن لە خەباتی پێشمەرگانە، گەڕایەوە بۆ عیراقو هەر ئەو ساڵە رێی پێ درا بەشدار بێ لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ. ئەمەش ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند کە بە سەرکەوتویی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەرچێ. لەو ماوەیەدا لە پشوی هاویندا خەریکی کرێکاری بوو. لەم قۆناغەی ژیانیدا ئاسۆی بیرکردنەوەی نەتەوەییو چینایەتیی بەرفراوانتر بوو و بە شێوەیەکی قوڵتر جغزی مەسەلەکان تێگەیشت. زۆری پێ نەچوو لە پایزی ئەو ساڵەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنە




نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٦ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردو لە پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی وەرگیرا. لەم قۆناغەشدا هەر بەردەوام لەسەر کاری کرێکاری لە پشوی هاویناندا بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی خۆیو یارمەتیدانی خێزانەکەی.

ساڵی ١٩٨٠ دەزگا ئەمنییەکان سەرە داوێکیان بۆ ئاشکراکردنی هەڵسوڕانی لە ناو رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران چنگ کەوت. بەهاری ئەو ساڵە مەفرەزەیەکی دەزگای ئەمن لە بازاڕی رەحیماوا دەستگیری کردو راپێچی گرتوخانەکانی کرد. پاش مانگێك لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان، برایە بارەگای دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەت کەدەزگایەکە بە فراوانترین شێوە گیراوەکانی تێدا خراوەتە ژێر ئەشکەنجەوەو زۆربەی جاریش لەوێ دادگایی کراون.

دوای نزیکەی شەش مانگ مانەوە لە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەداندا، بە ٣٠ ساڵ زیندانی

حوکم دراو بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب بەڕێ کرا.

لە تەموزی ١٩٨٢دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. پاش ئازادکردنی بە ماوەیەکی کەم، لە سلێمانییەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە. لەو سۆنگەیەوە کەئاشنایەتییەکی لەگەڵ جیهانی نوسینو رۆشنبیریدا هەبوو و لەو کاتەشدا حەمە کەریم عارفی برای لە بارەگای زەڵێی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان کاری دەکرد، ماوەیەك لە بارەگای یەکێتیی نوسەران گیرسایەوە و دواتر هەندێ ئەرکی رێکخستنی پێ سپێردراو پاشتریش بۆ کارکردن لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بۆ گوندی توژەڵە نێردرا، بەڵام زۆر لەوێ نەمایەوە و دواتر بەجێی هێشت و لەگوندی قزلەری دۆڵی مێرگەپان گیرسایەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ وەك بەرپرسی بەشی راگەیاندن گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی دوو کە بارەگاکەی لەگوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافەتیو لێپرسراوەکەی قادر حاجی عەلی بوو. لەوێ یەکەم ژمارەی گۆڤاری «سەنگەر»ی دەرکرد کەزۆرتر بایەخی بە کاروباری پێشمەرگانە دەدا بەڵام دەرفەتی ئەوەی لەبەر دەست نەبوو کە ژمارەی تری لێ دەرکا، بۆیە گۆڤارەکە هەر ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە. لەو ماوەیەدا سەرباری کارکردن لە راگەیاندنی مەڵبەند، کاری بۆ یەکێتیی نوسەرانیش کردووە. لەم سەروبەندەدا لەگەڵ حەمە کەریم عارفدا بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری «گزنگ» وەك گۆڤاری لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەران. هەر بەم بۆنەیەوە، گۆڤاری گزنگی بۆ پەرەپێدانی ئەدەبی مندالان قۆستەوەو لەئازاری ١٩٨٥دا پاشکۆیەکی بە ناوی «گزنگی بچوکان» بۆ ژمارە ٩ی گۆڤاری «گزنگ» دەرکردو دواتریش دوو ژمارەی تری لێ دەرکرد. دواتر دەستبەرداری کارەکانی مەڵبەند بوو و زۆرتر خۆی بۆ کاروباری یەکێتیی نوسەران تەرخان کردو لەم رووەوە رایەڵەیەکی پتەوی لە نێوان نوسەرانی ناوچە رزگارکراوەکانو نوسەرانی شارەکاندا دروست کردو رۆڵێکی کارای لەبڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوسەرانی شارەکان بە ناوی خوازراو بینی. لەو ماوەیەدا چەند بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی بڵاو کردەوە لەوانە رۆمانەکەی نوسەری فەلەستینی غەسان کەنەفانی «گەڕانەوە بۆ حەیفا» لە ساڵی ١٩٨٥و چیرۆکەکەی ماکسیم گۆرکی «دڵی گیرساوی دانکۆ» لە ساڵی ١٩٨٦.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکانو جەنگی کیمیایی لە دژی کورد، ئاوارەی ئێران بوو. ماوەیەك لە ئێران گیرسایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ عیراق.

پاش راپەڕین بۆ ماوەی نۆ ساڵ، لە ساڵی ١٩٩١وە تا ٢٠٠٠، لەرێکخراوی خێرخوازی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان کاری کرد. کارکردنی لەرێکخراوەکە نەبوە مایەی دابرانی لە ناوەندە رۆشنبیرییەکان. ساڵی ٢٠٠٠ لێپرساوەتیی سەرنوسەریی رۆژنامەی «رێبازی ئازادی»ی گرتە ئەستۆ کەئۆرگانی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بوو.


ساڵی ٢٠١٠ لە کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بە فەرمانبەر دامەزرا. ساڵی ٢٠١١ بە ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتیی نوسەرانی کورد هەڵبژێردرا. لە ساڵی دواییدا بەشێکی بەرهەمە بڵاوکراوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیی لە بەرگێکدا بڵاوکردەوە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ئێوارەیەکی شەرابی» (کۆمەڵە چیرۆك) (٢٠٠٧)، «بارین» (کۆمەڵە چیرۆك) (٢٠١٤).

بابەتی پەیوەندیدار:

* سەنگەر (گۆڤار).
* گزنگی بچوکان (گۆڤار).

## ئەحمەد عالی باوەکر باس*



کادیری ڕێکخستن‌و پێشمەرگە. ناسراو بە مەلا ئەحمەدی بوران. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی بورانی دۆڵی باڵەییانی سەر بە ناحیەی قەسرێ لە پارێزگای هەولێر.
لە منداڵیدا دەستی بە خوێندنی ئاینی کردووەو قۆناغی خوێندنی ئاینیی بە سەرکەوتویی تەواو کردووە. ئەمەش لە ناو خەڵکدا نازناوی مەلای پێ بەخشیوە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٧ بە هۆی دەستکردنی حکومەتی عیراق بە ڕاگواستنی گوندەکانی دۆڵی باڵەییان، گوندەکەی وێران کراو دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی بەستۆرە ڕاگوێزران. لەم سۆنگەیەوە ئەویش لەو ئۆردوگایە گیرسایەوەو لەوێ درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی وەك کادیرێکی ڕێکخستنەکان دا.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٧ی باڵەك کرایە ڕابەری سیاسی. لەو ماوە کەمەی کە تێیدا پێشمەرگە بووە، وەك هەڵسوڕاوێکی سیاسی، ڕۆڵێکی دیاری لە بواری هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیریدا گێڕاوە. تەمەنی پێشمەرگایەتیی زۆری نەخایاند. لە٢٥ی تەموزی ١٩٧٨ لە بۆسەیەکی جاشەکاندا لە گوندی تارینان لە دۆڵی مەلەکان شەهید کرا و لە گۆڕستانی ئەو گوندە بە خاك سپێردرا.

## ئەحمەد عەبدوڵڵا عەسکەری



پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی ئەحمەد عەبدوڵڵا ڕەزا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی عەسکەری سەر بە شارۆچکەی ئاغجەلەر.
باوکی، شێخ عەبدوڵڵای حاجی شێخ ڕەزای عەسکەر، یەکێکە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی شۆڕشی ئەیلول و فەرماندەیەکی دیاری باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە. ئەم پێشینە نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازییە کاریگەریی بنەڕەتیی لەسەر بژاردە سیاسییەکانی هەبووە.
لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن لە خوێندنگەی بنەڕەتیی تێکەڵاوی عەسکەر. تا پۆلی سێی سەرەتایی لەوێ خوێندویەتی. پاش بۆردومان کردنی عەسکەر لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانەوە لە ساڵی ١٩٦١، گوندەکە چۆڵ کراو خوێندنگاکە داخرا. بە هۆی ئەمەوە لە خوێندن دابڕا. ساڵی ١٩٦٦ خوێندنی پۆلی چوارەمی لە گوندی بۆگدی دەشتی کۆیە تەواو کرد. هەر ئەو ساڵە خێزانەکەی لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك گیرسایەوەو بە هۆی ئەمەوە هەردوو پۆلی پێنجەم و شەشەمی لەوێ تەواو کرد.
ساڵی ١٩٦٨ چووە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی و ساڵی پاشتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.
ساڵی ١٩٧١ خوێندنی ناوەندیی تەواو کرد. ساڵی

١٩٧٢ بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی قوتابیانی قەزای ناوەندی کەرکوك و ساڵی دواتر بووە ئەندامی کارگێڕی لقی کەرکوکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و ئەندامی ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەو کاتەدا هەردوو باڵەکەی لە خۆ گرتبوو.

ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵایسانی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە لقی سلێمانیی یەکێتیی قوتابیان بە پلەی کارگێڕ ئەرکی پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە کەرکوك و لە ساڵی ١٩٧٦دا، دوای دوو ساڵ دابڕان، قۆناغی دواناوەندیی تەواو کرد. هەر ئەو ساڵە لە کۆلیجی ئەندازیاریی شارستانیی زانکۆی سلێمانی وەرگیرا. لەو ماوەیەدا لە ژیانی ڕێکخراوەییدا بە پلەی ئەندامی کەرت لە ڕێکخستنەکاندا کاری کردووە.

ساڵی ١٩٨٠ زانکۆی تەواو کردو هەر ئەو ساڵە وەك ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتیی هەولێر دامەزرا. لە تشرینی یەکەمدا لەگەڵ هەر یەك لە عەلی حسێن حەسەن ناسراو بە شوانەی تەنسیق و نەجمەددین فاتیح شوکر ناسراو بە شێروان پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. هەر ئەو ساڵە کرایە ڕابەری سیاسیی کەرتی دوو. ساڵی دواتر وەك کادیرێکی پێشکەوتوو بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەدا کرد.

ساڵی ١٩٨٢ دوا بە دوای دروست کردنی تیپەکان، کرایە ڕابەری سیاسیی تیپی ٤٣ی ئاسۆس. دواتر بووە لێپرسراوی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی دوو لە گوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافەتی و هەر لەوێش کرایە ڕابەری سیاسیی تیپی مەڵبەند.

لە ساڵی ١٩٨٤دا دوا بە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق، بۆ ماوەی چوار مانگ بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆمیسیۆنی هەماهەنگی لە دوکان و بۆ ماوەی شەش مانگ لە سورداش. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە لە مێرگەپان و هەر لەو ماوەیەشدا وەك ئەندازیار نوێنەرایەتیی یەکێتیی کرد لە لای حکومەت لە پرۆژەی کردنەوەی تۆڕی ڕێوبانی دۆڵی جافەتی و بەری مەرگە. بەڵام ئەمە تاکە کاری نیە وەك ئەندازیار. لە چەمی ڕەزان و سورقاوشان بەشدار بووە لە دروست کردنی پرد بۆ پەڕینەوەی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە. لە دۆڵی جافەتیش، لە گوندی یاخسەمەر سەرپەرشتیی ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی کردووە بۆ بارەگای تاڵەبانی و لە بەرگەڵووش بۆ بارەگاکانی چاپخانەی برایم عەزۆو ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و نەخۆشخانە، سەرباری دروست کردنی چەندین جبەخانە.

لە قۆناغی جیاوازیش لە چەندین شوێن کاروباری ڕێکخستنی پێ سپێردراوە وەك لە تیپی ٤٩ی ساراو بارەگاکانی مەڵبەندی دوو.

لە قۆناغی دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، لە گوندی بلەکێ بووەتە کارگێڕی ڕێکخراوی ٢ی کۆمەڵە و لە ساڵی ١٩٩٠دا لەگەڵ هەڤاڵێکی تر بە هاوبەشی لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی ٤ی پێ سپێردراوە.

لە تشرینی دووەمدا چووە دەرەوەی وڵات و لە بریتانیا نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٥ بەرپرسی کۆمیتەی بریتانیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەندازیاریی شارستانی لەزانکۆی ساوس بانك لە لەندەن بەدەست هێناوە.

ساڵی ٢٠٠٠ گەڕایەوە بۆ وڵات و لە زانکۆی

سلێمانی وەك مامۆستا دامەزرا. ساڵی ٢٠٠١ لەسەر داوای ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازیاریی ترافیکی دامەزراندو وەك بەڕێوەبەری گشتی کاری تێدا کرد.

لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی کەرکوکدا کرد. ساڵی ٢٠٠٥ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراقدا بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی کەرکوک بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە کۆبوونەوەی ٢٥ی نیسانی ٢٠٢٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، بە لێپرسراوی سکرتاریەتی بارەگای مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

## ئەحمەد غەریب دسکەرە



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەو ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە. ناوی تەواوی ئەحمەد غەریب محەمەد ئەمین ناسراو بە مەلا ئەحمەدی دسکەرە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی دسکەرەی ناوچەی شارەزور. خوێندنی سەرەتایی لە دەربەندیخان و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٧ دوای ئەوەی محەمەدی برای بووە پێشمەرگە، دایك و باوکی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرانو رەوانەی زیندانی سەماوەی خواروی عیراق کران.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٠ دوا بە دوای ئەوەی کە خوێندنی لە پەیمانگای کشتوکاڵی ئەبوغرێب لە بەغدا تەواو کرد، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. پاش ماوەیەك رەوانەی ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی کرا لە ناوزەنگ و زەڵێ و لەوێ لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە گیرسایەوە.

دواتر کرایە رابەری سیاسیی کەرتی ٤ی جەباری کە فەرماندەکەی مامە ریشە بوو. ئەزمونی لە کەرتی ٤ی جەباری ئەو دەرفەتەی بۆ پێك هێنا کە پەرە بە تواناکانی خۆی لە شەڕی پێشمەرگانە بدا. لە ساڵی ١٩٨٤دا کرایە فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٥٥ی قەرەداغ و لە ساڵی ١٩٨٧دا کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ١٧ی زمناکۆ.

ساڵی ١٩٨٨ بەشدارییەکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالدا کردو لەم سەروبەندەدا لە شەڕەکانی دۆڵی جافەتیدا بە سەختی بریندار بوو و بۆ چارەسەر رەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران کرا. محەمەدی براشی کە لەو کاتەدا لەگەڵ هێزێکی هاوبەشی هەردوو تیپی ٥٥ی قەرەداغ و ١٧ی زمناکۆدا بوو، لە شەڕێکی نابەرابەردا لەگەڵ سوپای عیراق، لە چیای تەکەلتووی سنوری کۆیە شەهید بوو. لە کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوی دووەمی ئەنفالەکاندا، باوکی و خوشکێکی لە گوندی دوکانی قەرەداغ بریندار بون. لە قۆناغی زەمینەسازی بۆ راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ چەند کادیرێکی دیکە رەوانەی سنوری شارەزور کرا بۆ توندوتۆڵ کردنی تەونی رێکخستنەکان و دروست کردنی شانەی چەکدار. لە کاتی راپەڕیندا لە سنوری شارەزور بەشدارییەکی کارای

لە جێبەجێ کردنی پلانەکاندا کرد. لەم سەروبەندەدا دەبێ ڕۆڵی بەرچاوی لە شەڕەکانی سەر ڕێگای کەلار-جەلەولا، لە نێوان هێزی پێشمەرگە لە لایەکو هێزەکانی سوپای عیراق و ڕێکخراوی مجاهیدینی خەلقی ئێران لە لایەکی ترەوە، بە هەند وەربگیرێ و بایەخێکی شایستەی پێ بدرێ، بەتایبەتی لە گوندی ئیسلاح کە تێیدا هێزی پێشمەرگە جەربەزەییەکی زۆری نواندو زیانێکی زۆری بە هێزەکانی دوژمن گەیاند. لەو شەڕانەدا برایەك و خوشکەزایەکی بریندار بون.


پاش ڕاپەڕین، کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی تانجەرۆ. لە سەروبەندی دروست کردنی سوپای یەکگرتووی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣، کرایە لێپرساوی کارگێڕیی فەرماندەیی ناوچەی سلێمانی. لە ساڵی ١٩٩٤یش لێپرساوەتیی فەرماندەیی لیوای شارەزوری گرتە ئەستۆ.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٦-٢٠١٤دا، ئەرکی مەدەنیو پێشمەرگەییو ڕێکخراوەیی پێ سپێردراوە. ساڵی ١٩٩٦ کرایە قایمقامی دەربەندیخان و ساڵی دواتر بووە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە. ساڵی ٢٠٠٢ کرایە جێگری لێپرساوی مەڵبەندی ٩ی ڕێکخستنی شارەزورو ساڵی ٢٠٠٣ بووە کارگێڕی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا لە کردەوەیەکی تیرۆریستی لەگوندی گردیگۆ رزگاری بوو، کاتێك ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژکراو بە ئوتومبیلەکەیدا تەقێنرایەوەو لە ئاکامدا خوشکەزایەکی شەهید بوو و چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بون.

هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی لیوای ٣ی پاسەوانی سنور. سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بە هۆی نەخۆشییەوە خانەنشین بوو. مەلا ئەحمەد ژیانێکی تێکۆشەرانەی بەسەر بردووەو لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا پێنج جار بە سەختی بریندار بووە.

شەوی ٢١/٢٠ی کانونی یەکەمی ٢٠١٤ پاش ململانێیەکی دژوار لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کردو لە پاش خۆی گەنجینەیەك سەروەری و جوامێریی بەجێ هێشت.

## ئەحمەد قادر*



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە هەڵمەت. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی شارۆچکەی حاجی ئۆمەران. بە هۆی جەنگی کوردستانەوە ماڵیان گواستۆتەوە بۆ شارۆچکەی سەروچاوە و هەر لەوێش خراوەتە بەر خوێندنو قۆناغی سەرەتاییشی لەوێ تەواو کردووە. قۆناغی ناوەندیو دواناوەندیی لە چوارقوڕنەو خوێندنی زانکۆی لە موسڵ تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لە کاروباری ڕێکخستندا چالاك و بەدەستوبرد بوو. پاش زیادبونی ژمارەی ئەندامانی ڕێکخستنەکان، پۆلێکیان بە ناوی پۆلی شەهید شەماڵ بۆ پێك هێنرا و ئەو بووە لێپرساوی پۆلەکە.

ساڵی ١٩٨٥ لەسەر داوای حەسەن کوێستانیی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە تیپی ٩٩ی بیتوێن بووە پێشمەرگەو دەمو دەست کرایە لێپرساوی ڕێکخستنی سنوری تیپەکە. سەرەڕای سەرقاڵبونی بە کاروباری ڕێکخراوەیی، ڕۆڵێکی دیاری لەنەبەردەکانی هێزی پێشمەرگەدا لە سنوری تیپەکەیو ناوچەکانی تردا هەبوو.

لە١١ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨دا لە یەکەم شاڵاوی ئەنفالەکاندا لە دۆڵی جافەتی، لە داری زەکەریا

شەهید بوو و تەرمەکەی لەگوندی گۆمەزەڵ نێژرا. دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بە بەشداریی کەسوکارو هەڤاڵەکانیو جەماوەرێکی زۆر، لە ڕێو رەسمێکی شایستەدا تەرمەکەی لەگوندی گۆمەزەڵەوە بۆ سەروچاوە گواسترایەوەو لەوێ بە خاك سپێردرا.

## ئەحمەد قادر مەحمود



کادیری ڕێکخستنو پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە ئەحمەدی حاجی قادری چوارقوڕنە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی گولەکی سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە لە قەزای رانیە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە چوارقوڕنەو رانیە تەواو کردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٩ دەستی پێ کردووە، کاتێك بۆتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی سەر بەباڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانو لەم ڕێیەوە پەیوەندیی بە ریزەکانی پارتییەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٨پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی هێڵی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو لە ڕێکخراوی ئازادی دەستی بە هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی کرد. ساڵی ١٩٨١ دوای ئاشکرابونی پەیوەندیی ڕێکخراوەییو هەوڵی گرتنی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ١٤ی ئاکۆ لێپرسراوەتیی رابەری سیاسیی کەرتی گرتە ئەستۆو ساڵی دواتر بۆ تیپی ٧٥ی کۆدۆ گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٤ لە لیژنەی ناوچەی رانیەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بە ئەندامی لیژنە هەم بۆ ڕێکخستنە جەماوەرییەکانی سنوری بیتوێنو بناری کۆسرەتو هەم بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگەی تیپەکانی ٩٩ی بیتوێنو ٩٣ی کۆسرەت دانرا. ساڵی ١٩٨٦ کرایە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی رانیەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کەبارەگاکەی لەدۆڵی بالیسان بوو.

ساڵی ١٩٨٧ دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ناوچەکانو دانانی لێپرسراوانی ڕێکخستن لە ناو تیپەکان، کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپەکانی ٨٣ی هەوریو ٩١ی سەفینو ٩٩ی بیتوێن.

ساڵی ١٩٨٨ پاش شاڵاوی ئەنفالەکانو کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ئێران بە ماڵو منداڵەوە لە ئۆردوگای ئاوارەکانی دێلزێ گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە دوا بە دوای پێکهێنانی کۆمیتەی ٣ی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لێپرسراوەکەی رەهبەر سەید برایم بوو و بارەگاکەی لەگوندی نۆکان بوو، کرایە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە.

ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ مەفرەزەیەکدا بە فەرماندەیی عەبدولرەحمان حاجی خدر وەرتێ، بۆ بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنەکانو دروست کردنەوەی رایەڵەی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخستنەکانی ناو شار و سەرکردایەتی، بۆ ماوەی مانگێك بە شێوەی پارتیزانی لە ناوچەکانی سنوری وەرتێو دۆڵی سەرکەپکان و بیتوێن و بناری کۆسرەت مایەوە.

لە نەخشەی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی کاروباری راپەڕینی لە چوارقوڕنەو دەوروبەری پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە، پاش ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، کرایە رابەری سیاسیی هێزی ٨ی بیتوێن کە فەرماندەکەی مەحمود سەنگاوی بوو. دواتر وەك رابەری سیاسیی لەشکری دوو گوێزرایەوە بۆ شەقڵاوە.

پاش یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو پێکهێنانی

هێزی هاوبەش، لەفەرماندەیی دەڤەری هەولێر کە لێپرسراوەکەی تەحسین کاوانی بوو، کرایە ئەفسەری هەواڵگری. ساڵی ١٩٩٤، دوا بەدوای پێکهێنانی مەڵبەندی ٨ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین لە ڕانیە، بە کارگێڕی مەڵبەندەکە دانرا. ساڵی دواتر گوازرایەوە بۆ فەرماندەیی یەکی ڕانیەو لێپرسراوەتیی بەشی پایدۆزی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٩ کرایە لێپرسراوی پشکنینو مەشقی ناوچەیی فەرماندەییەکانی سنوری ڕانیە. ساڵی دواتر بەشداریی لە خولی پێنجەمی فەرماندەییدا کرد لە کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان و پلەی مولازمی پی بەخشراو تا یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەی هەردوو ئیدارەی سلێمانیو هەولێری حکومەتی هەرێم چەند لێپرسراوەتییەکی لە هێزی پێشمەرگەدا گرتە ئەستۆ. پاش یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، بە پلەی عەمید ئەرکەکانی لە چوارچێوەی وەزارەتدا جێبەجێ کرد. ساڵی ٢٠١٢ گوێزرایەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆو لێپرسراوەتیی پۆلیسی دارستان و ژینگەی دەڤەری ڕاپەڕینی پێ سپێردرا.

## ئەحمەد قەمبەری*



پێشمەرگە و پاڵێوراو بۆ وەرگرتنی فەرماندەیی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. ناوی تەواوی ئەحمەد عومەر ئەحمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی قەمبەری سەر بە ناحیەی تەقتەق. لە بنەماڵەیەکی جوتیاری هەژارو نیشتمانپەروەر بووە. لە تافی منداڵیدا بە هۆی هەژارییەوە شوانیی کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بووە پێشمەرگە. لەو ساڵەی پێشمەرگە بوو تێیدا، دلاوەرییەکی زۆری لە شەڕەکاندا نواند. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی. بەڵام هاندەرە نیشتمانییەکانی هەر بەزیندویی و کڵپە سەندویی مانەوە. لە تشرینی دووەمی ساڵی دواتردا، پاش چەند مانگێك لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، گەڕایەوە باوەشی کوردایەتیو پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کرد. لەو ماوەیەدا زۆربەی هەڵسوڕانی لەدەشتی هەولێر بوو.

سەرەڕای ژیانی سەختی پێشمەرگایەتیی ئەو سەردەمە، بەردەوام بوو لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکە ئاینییەکانی، بە بەردەوامی نوێژی دەکرد و ڕەمەزانان بەڕۆژوو دەبوو، بەڵام ئەمە ڕێی لەوە نەگرت کە پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکا چونکە هەستی دەکرد ئەم ڕێکخراوە بە باشی گوزارشت لە مەیلە چینایەتییەکانی دەکات.

ماوەی ساڵانی ١٩٧٧و ١٩٧٨ی وەك کادیرێکی ناو جوتیاران بەسەر بردو لەم ڕووەوە زۆر بە تەنگ ئەوەوە بوو کە بەرگری لە پرسی جوتیاران بکا. ساڵی ١٩٧٩ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی ٢ی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر. ساڵی پاشتر کرایە فەرماندەی کەرتەکە.

ساڵی ١٩٨٣ بڕیار وابوو کە ببێ بە فەرماندەی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر بەڵام بەر لەوەی بڕیارەکە دەرچێ، لە٢٧ی نیسانی ١٩٨٣دا لە شەڕێکدا لەگەڵ حەوت پێشمەرگەدا شەهید بوو.

ژیانی پێشمەرگایەتیی، ژمارەیەکی زۆر چالاکیی پێشمەرگانەی گرتۆتە خۆ لەوانە شەڕەکانی کەلی

سور، ئۆمەر گومبەت، سماقوڵی، بالیسان و بەشێکی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناو شاری هەولێر.

تەرمەکەی لەگوندی بالیسان بە خاك سپێردراوە و پاشان گوێزراوەتەوە بۆ زێدی خۆی لەگوندی قەمبەر لە ناوچەی تەقتەق.

## ئەحمەد کاکە حەمە مستەفا



پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوو. ناسراو بە هۆشمەند. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی کۆزەبۆرەی ناوچەی ئاغجەلەر. لە بنەماڵەی شێخانی قەڵاسێوکەیە. ساڵی ١٩٥٩ ماڵیان گوێزراوەتەوە بۆ کەرکوك. ساڵی ١٩٦٤ لە خوێندنگەیەکی گەڕەکی ئیمام قاسم خراوەتە بەر خوێندن و لەوێ تا پۆلی پێنجەمی خوێندووە. دواتر لە گەڕەکی تەعلیم تەپە قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە. پاش تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی، لە بەشی جیۆلۆجیی کۆلیجی زانستی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوەو ساڵی ١٩٨١ خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٦ دەست پێدەکا، کاتێك لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو دواتر ئەرکی ڕێکخراوەیی لە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە سنوری هەرێمی ٢ کە ناوچەکانی کەرکوکی گرتۆتەوە، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردووە. ساڵی پاشتر، پاش پێکهێنانی تیپەکان، کراوەتە رابەری سیاسیی کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوك و ماوەیەکیش لە کەرتەکانی ٢ و ٤ رابەری سیاسی بووە. ساڵی ١٩٨٣ بەشدار بوو لە کۆبونەوەی رابەرە سیاسییەکان لە گوندی خەتێی ناوچەی بالیسان کە تاڵەبانی سەرپەرشتیی کردووە. هەر ئەو ساڵە، پاش گەڕانەوەی لە کۆبونەوەی رابەرە سیاسییەکان، کرایە کادیری جەماوەری لە ناوچەی بازیان و ساڵی دواتر بۆ سنوری شێخ بزەینی گوێزراوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٦ گوێزرایەوە بۆ بەشی ڕێکخستنی مەڵبەندی دوو لەگوندی سەرگەڵووی دۆڵی جافایەتی. ساڵی ١٩٨٨ پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، بە خێزانەوە روی کردە ئێران و لەشارەکانی بانەو بۆکان و دواتر لە سەقز گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا لەگەڵ عەبدولکەریم حاجی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە بواری فریاگوزاریی ئاوارەکان و دواتریش لە کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان ناسراو بە کرا کاری کرد. لەو ماوەیەدا شارەزاییەکی باشی لە بواری بەڕێوەبردنی کاروباری فریاگوزاری پەیدا کرد. ساڵی ١٩٩٠، لەبەر نالەباریی ژیانی ئاوارەکان لە ئێران، لەگەڵ ١٢ خێزانی پێشمەرگە روی کردە پاکستان و لە شاری کویتەی پایتەختی هەرێمی بلوجستان گیرسایەوەو لەوێ بۆ ماوەی یەك خول بووە بەرپرسی کۆمیتەی ئاوارە عیراقییەکان.

لەژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری شەڕو ئۆپەراسیۆن و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی ئاغجەلەرو هەیدەر بەگ (١٩٨٢)، حەسار، شیوە سور، تەگباسان، داڵەواو قەڵاچۆغە (١٩٨٣) و ئۆپەراسیۆنەکانی قەندیل (١٩٨٣) و دابان- هەلاج (١٩٨٥).

له حوزەیرانی ١٩٩١دا پاکستانی بەجێ هێشت، گەڕایەوە بۆ کوردستان و له سلێمانی نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٩٤ لێپرسراوەتیی لقی کەرکوکی رێکخراوی فریاکەوتنی کوردستان ناسراو بە کرای گرتە ئەستۆو بەرنامەیەکی گشتگیری بۆ پێشکەش کردنی کۆمەکی فریاگوزاری بە دانیشتوانی گەرمیان دانا، بەتایبەتی دانیشتوانی ناوچەکانی ئاغجەلەر، سەنگاو، قادر کەرەم، زەنگەنە، کفری، کەلار، سەرتەکی بەمۆ، قۆرەتوو و مەیدان. لەو ماوەیەدا وەك ئەندامی مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوك کاری کردووە. ساڵی ١٩٩٤ لێپرسراوەتیی رێکخراوی کرای گرتە ئەستۆو لە ماوەی دەستبەکاربونی وەك پێنجەم لێپرسراوی ئەم رێکخراوە، خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی رێکخراوەکە لە رێی دروست کردنی خوێندنگەو بنکەی تەندروستی و دامەزراندنی پرۆژەی ئاوو رێوبان و پردەوە لە دێهاتەکانی ئاغجەلەر، سەنگاو، زەنگەنە، رۆژهەڵاتی کفری، قۆرەتوو، مەیدان و سورداش، بونە مایەی گێڕانەوەی هەزاران ماڵ لە ئۆردوگاکانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان و دابین کردنی کەرەستەی بیناو بوژاندنەوەی کشتوکاڵ. زۆربەی ئەم پرۆژانە بە هاوکاریی رێکخراوی دی سیی هۆڵەندی و بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا و رێکخراوی فاوی ئەمریکی ئەنجام دراون.

ساڵی ٢٠٠٠ کوردستانی بەجێ هێشت و لە هۆڵاند نیشتەجێ بوو. ساڵی ٢٠٠٥ گەڕایەوە بۆ کوردستان و ساڵی ٢٠٠٧ کرایە ئەندامی مەکتەبی چاودێری و بەدواداچون.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (رێکخراوی فریاگوزار).

## ئەحمەد کرێکار



پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی حەمە کەریم عەلی رەزا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤١ی گوندی هەمزەی سەر بە قەزای چەمچەماڵ. لە ماوەی نێوان ١٩٤٦- ١٩٤٨ بنەماڵەکەی بە مەبەستی کارکردن، لە حەویجە نیشتەجێ بوو، دواتر حەویجەی بەجێهێشت و لەگوندی هەمزە گیرسایەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٦ بەیەکجاری لەگەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك نیشتەجێ بوو.

لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا ژیانی سیاسیی دەستپێکرد، کاتێك لە ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٦٠ لە کاتی خزمەتی سەربازیی لە بەسرە، لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی رێکخستنی پارتیی لە چەند سەربازگەیەك تا ساڵی ١٩٦٢ گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو تا پلەی سەرپەلی بڕی. ساڵی ١٩٧٠، وەك کرێکار لە فەرمانگەی کارەبای پارێزگای کەرکوك دامەزرا و هەر ئەم کارەش بوو کە نازناوی کرێکاری پێ بەخشی. ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٧٤دا بوو بە ئەندامی لیژنە لە رێکخستنەکانی کەرکوك. ساڵی ١٩٧٥، دوا بەدوای هەرەسهێنانی شۆڕش، رێکخستنەکانی شارو شاخ تێکەڵ کرانەوەو فەیسەڵ رەشید تاڵەبانی کرایە لێپرسراوی رێکخستنی کەرکوك، ئازاد هەورامی کرایە جێگری یەکەمی و ئەحمەد کرێکار جێگری دووەمی. ساڵی ١٩٧٦


کۆمیتەی ڕێکخستنی کەرکوك کە دواتر ناوەکەی کرایە کۆمیتەی ئاگر، رادەستی ئەحمەد کرێکار کرا. لە ساڵی ١٩٧٨ لە یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە نۆکان، سەرەڕای ئەوەی کە ئەحمەد کرێکار هێشتا نەهاتبووە دەرێ بۆ پێشمەرگایەتی و بەشداریی لە کۆبوونەوەکەشدا نەکردبوو، بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٨١ دوا بەدوای پەرەسەندنی فشاری دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس لەسەر کۆمیتەی ئاگر، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد لە هەرێمی دوو. ساڵی دواتر بووە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ.

لە تشرینی دووەمی ١٩٨٨دا بووە لێپرسراوی ئیدارەی مەڵبەندی ٢ لەگوندی بلەکێ و تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ لەوێ مایەوە. پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە ساڵی ١٩٩٢دا بووە لێپرسراوی کۆمیتەی ١ی ڕێکخستنی کەرکوك لەچەمچەماڵ و لە ساڵی ١٩٩٤دا بووە کارگێڕی مەڵبەندی ٢و تا ساڵی ١٩٩٨ لەوێ مایەوە.

شوباتی ساڵی ١٩٩٨ بوو بە ئەندام لە مەکتەبی کۆمەڵایەتی و پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی لقی کەرکوکی گرتە ئەستۆ.

## ئەحمەد کوردە



نیشتمانپەروەر. ناوی تەواوی ئەحمەد عەبدوڵڵا کوردە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٨ی گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٣٥ خرایە بەر خوێندنی حوجرە لە مزگەوتی مەڵکەندی. لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا ویستویەتی بە ڕەنجی شانی خۆی بژێویی خۆی دابین بکات، بۆیە بووە بە شاگردی بەرگدروو لە قەیسەری نەقیب و بە هۆی کارایی و وریاییەوە پاش چەند ساڵێك دوکانی بەرگدوورینی کردەوەو لە پاڵ ئەمەشدا قوماش فرۆشیشی کرد.

یەکێ لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ناو شارو چەندین جار ئەرکی کڕینی چەك و تەقەمەنیی لە خانەقین و گەرمیان و گواستنەوەی بۆ ناوچەی سلێمانی پێ سپێردراوە.

ساڵی ١٩٦٢ لە سۆنگەی هەڵسوڕان و جموجوڵەوە دەستگیر کراو بۆ ماوەی حەوت مانگ لە بەندیخانەی عیمارە لە باشووری عیراق زیندانی کرا. ئیدی هەر کە ئازاد کرا، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بووە سەرلق لە هێزی رزگاری.


پاش دروستبوونی دوبەرەکی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤، وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو لە شەڕی خڕی زێوێی سەر جادەی سلێمانی- دوکان رۆڵێکی دیاری گێڕاو لە شەڕەکانی تریش بەشداریی کردو چەند جارێك بریندار بوو. پاش هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە سلێمانی و کەوتەوە کاسبی و لەو ماوەیەدا زۆرێ لەسەروەت و سامانی خۆی بۆ یارمەتیدانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و هێزی پێشمەرگە تەرخانکرد.

ساڵی ١٩٨٢ بە گومانی هاوکارییکردنی هێزی پێشمەرگە سێ مانگ دەستگیر کراو پاشان بە هۆی لێبوردنی گشتییەوە ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٨٥ لە چوارچێوەی شاڵاوێکدا دژ بە کەسوکاری پێشمەرگە، هێزێکی سەربازانی عیراق هەڵیانکوتایە سەر ماڵی و بە خاو و خێزانەوە دەستگیریان کردو پاش دوو هەفتە لەگەڵ چەند خێزانێکی تردا رەوانەی سەر سنوری عیراق- سوریا کران، لە سەربازگەیەکی ناوچەی شنگال زیندانی کران و دوای ماوەیەك ئازاد کران. بەڵام زۆری نەبرد، دیسان فەرمانی دەستگیرکردنی خۆی و خاوو خێزانی دەرچوو، بۆیە بەر لەوەی فەرمانەکە جێبەجێ بکرێ، بە خاوو خێزانەوە سلێمانیی بەجێهێشت و لەگوندی زێوێ کە بارەگای تیپی ٢٣ی سورداشی لێ بوو، نیشتەجێ بوو. لەو ماوەیەدا چەند جارێك خاوو خێزانەکەی بەهۆی تۆپباران و هێرشی فڕۆکەو کیمیابارانەوە بریندار بوون و یەکێ لە کوڕەکانی بە هۆی سەختیی برینەکانییەوە رەوانەی بەریتانیا کرا.

لە قۆناغی پاش شاڵاوی ئەنفالەکان لە شاری سەقز گیرسایەوە. پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ سلێمانی و هەر ئەو ساڵە کۆچی دوایی کرد.

## ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین*



پێشمەرگەو فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ. ناسراو بە مەلا ئەحمەد کەلاری. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی کەلاری کۆن. دەرچووی ساڵی ١٩٧٧ی ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانی.


ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٩ دوای ئاشکرابوونی لە لای دەزگا ئەمنییەکان، خۆی دەرباز کردو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی سەرکردایەتی گیرسایەوە. لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە ماوەیەك بووە پێشمەرگە و پاشان بۆ کەرتی ١ی هەرێمی پارێزگاری گوێزرایەوە.

ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی لە خولی کادیرانی کۆمەڵەدا کردو ساڵی دواتر بووە کادیر لە ناوچەی سەنگاو. ساڵی ١٩٨٢ بووە ئەندامی کەرتی رێکخستنی کفری و دوز. ساڵی ١٩٨٣ بووە لێپرسراوی کەرتەکە. ساڵی ١٩٨٤ بووە لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی دەربەندیخان و دواتر لە ساڵی ١٩٨٧دا بووە فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ. پاش شاڵاوی ئەنفالەکان لە ناوچەکە مایەوەو یەکەم مەفرەزەی پارتیزانیی لە قەرەداغ و گەرمیان دروستکرد. لە ١٩ی شوباتی ساڵی ١٩٨٩ لە کاتی خۆپەنادان لە ئەشکەوتی داری خلە، ئەشکەوتەکە بەسەر مەفرەزەکەدا روخا و بە هۆی ئەمەوە خۆی و شەش پێشمەرگەی تر بە ناوی نوری قادر رەحیم ناسراو بە پۆڵا، دارا قادر سەمین، حەیدەر محەمەد کەریم، حەمید قادر کەریم، سەلام محەمەد حسێن و رەحیم رەشید ئەحمەد شەهید بوون.

بابەتی پەیوەندیدار:


* داری خلە (روداو).

## ئەحمەد مەولود ئەحمەد




پێشمەرگەو شاعیر. ناوی تەواوی ئەحمەد مەولود ئەحمەد خدر حسێن. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی بەربەرد لە ناوچەی ماوەت. برای مەلا عەلیی شاعیرو

## ئەحمەد مەولود حەمەد*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ساڵی ١٩٧٦و فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی ئەحمەد




پێشمەرگەیە. ساڵی ١٩٥٨ ماڵیان چۆتە گوندی کۆکە لە ناحیەی سورداش. ساڵی ١٩٥٩ خراوەتە بەر خوێندن. قۆناغی سەرەتایی لە گوندی چەرمەگاو سلێمانی و ماوەت و سەرچنار تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٦ لە ناوەندیی وەتەن لە سلێمانی وەرگیراوەو ساڵی ١٩٦٧ بووەتە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٧٠ لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ وەرگیراوەو بۆ ساڵی دواتر پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ چووە ریزی شۆڕشەوە. پاش هەرەسهێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە ساڵی ١٩٧٦دا بووە فەرمانبەر لە ناوچەی پشدەر.

ساڵی ١٩٧٧ لە لایەن دەزگای ئەمنەوە دەستگیر کراو دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر، بە تۆمەتی کارکردن لە ڕیزی ڕێکخراوێکی نهێنی دادگایی کراو پێنج ساڵ حوکمی زیندانیکردنی بەسەردا درا. ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا، بەڵام بەسەر پرسەی مەلا عەلیی برایدا گەڕایەوە کە کەمتر لە مانگێك بوو لە موسڵ لەسێدارە درابوو.

ساڵی ١٩٨١ بوو بە پێشمەرگە لە هەرێمی ٤و کرا بە لێپرسراوی ڕێکخستنی دۆڵێ. ساڵی ١٩٨٣ بووە لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی لە ناوچەی سورداش. لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ئێران گیرسایەوەو لەوێ بووە لێپرسراوی ئاوارەکانی سنوری سەردەشت و دەوروبەری.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگای پیرەمەگرون نیشتەجێ بوو. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٣ لێپرسراوی کۆمیتەکانی دوکان، پیرەمەگرون و بازیان و ئەندامی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی بوو.

ساڵی ١٩٩٣ تووشی نەخۆشیی مێشکۆکە بوو. ساڵی دواتر، بە نهێنی رەوانەی بەغدا کرا بۆ چارەسەرو لەوێ نەشتەرگەریی مێشکۆکەی بۆ کراو بەهۆیەوە توانای خوێندنەوەو نوسینی دای لە کزی. لە ئابی ٢٠٠٣ نەخۆشییەکە تینی بۆ هێنایەوە، بۆیە نەشتەرگەریی تری بۆکرا. لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ئەو ساڵە کۆچی دوایی کرد. لە پاش خۆی، چەردەیەک شیعر و نوسینی بەجێ هێشتووە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «دیوانی ئەحمەد مەولود» (١٩٩٨).

مەولود حەمەد مەولود. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی سەرکان لە ناحیەی قەسرێی قەزای چۆمان. لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، سەرەڕای بچوکیی تەمەنی، بۆتە پێشمەرگە و بەشداریی لە چەند شەڕێکدا کردووە، لەوانە شەڕی ماخوبزنان. ساڵی ١٩٧٤، دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان حکومەتی عیراق و گەلی کورددا، بەشداریی لە شۆڕشدا کردو لە شەڕی دیلمان بریندار بوو.

دیارە هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ زۆر کاری تێ کردووە. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە پاش کەمتر لە ساڵێك پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردوەو ئامادەیی خۆی بۆ پێشمەرگایەتی دەربڕیوە. لە ساڵی ١٩٧٦ دا پشتیوانیی لە هەوڵەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا کرد و لە ناوچەی باڵەکایەتی لێپرسراوەتیی مەفرەزەیەکی سەرەتایی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٧٧ لەبەر هەندێ هۆی تایبەت وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، بەڵام ساڵێکی نەبرد گەڕایەوە بۆ پێشمەرگایەتی.

لە ساڵی ١٩٧٨دا لەو کاتەی کە بارەگای تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوەڕاستی بەهارەوە تا سەرەتای پایز لە چیای قەندیلدا بوو، کرایەوە بە فەرماندەی مەفرەزە. هەر ئەو ساڵە پلەکەی بەرز کرایەوە، بووە فەرماندەی کەرت و بۆ سنوری هەرێمی ٧ی باڵەك نێردرا.

لە ساڵی ١٩٨١دا دوای بڕیاردان لەسەر دروست کردنی یەکەیەك بە ناوی قوەت لە ناو هێزی پێشمەرگەدا، کرایە فەرماندەی قوەتی کاروخ. ساڵی ١٩٨٣ کرایە فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە چەندین شەڕو ئۆپەراسیۆن و چالاکیی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٧ی کەڵەکی باڵەیان، گەلاڵە، شەڕە گەورەکەی کانونی یەکەمی ١٩٧٧ی وەڵزێ و شەڕە گەورەکەی ساڵی ١٩٧٨ی شێنێ. هەروەها بەشدارییەکی کاراشی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کردووە کە زادەی هاوپەیمانییەك بوو لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ راگرتنی پێشڕەویی هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بەرەو سنوری عیراق-ئێران. هەروەها لە ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٣ی پشتاشان بەشدارییەکی کارای کردووە. لەم سۆنگەیەوە تاڵەبانی نازناوی «هەڵۆی قەندیل»ی پێ بەخشیوە.


دوایین چالاکیی لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، بەشداربونێتی لە ئۆپەراسیونی قەندیل لە دژی هێزەکانی بەرەی جود کە لە قەندیلەوە گەفیان لە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرد. لە ١ی ئەیلولی ١٩٨٣دا لە قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا، لە بەرەی کونە کۆتر شەهید کرا. لە راگەیەندراوی ٣ی ئەیلولی ١٩٨٣ی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا سەبارەت بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی قەندیل دا، بە«فەرماندەی هەڵکەوتوو» و «هەڵۆی قەندیل» و «هەڵۆی شەهید» ناوی هاتووەو هەروەها لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو «سەروەرییەکی گەورەی لە پاش بەجێ ماوە».

بابەتی پەیوەندیدار:

* قەندیل (ئۆپەراسیۆن).

* شێنێ (شەڕ).

# ئەحمەد نەجمەددین ئەحمەد



پێشمەرگەی دێرین و کادیر. ناسراو بە دکتۆر ئاری. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٥ی گوندی وەردێی قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لەچۆمان تەواو کردووە. لەو کاتەدا کە خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بووە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. بۆ خوێندنی ئامادەیی چۆتە هەولێر و پاشان لە پەیمانگەی پزیشکی وەرگیراوە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی ڕێکخراوەیی بۆ ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی رەنجدەران گواستەوە، چالاکیی ڕێکخراوەیی خۆی چڕ کردەوەو جگە لە ناو شاری هەولێر، چەندین شانەی ڕێکخستنی لەبەرانەتی‌و هەریر دروست کرد.

دوای تەواوکردنی خوێندن لە پەیمانگەی پزیشکی، بۆ ماوەی ساڵێك لە فەرمانگەیەکی حکومی بە کارمەند دامەزرا. ساڵی ١٩٨٥ پاش ئەوەی دەزگا ئەمنییەکان ژمارەیەک کادیری ڕێکخستنەکانی هەولێریان دەستگیر کرد، لەوانە بەرپرسی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵە حەیدەر جوکل، شێواوییەک لە ڕێکخستنەکاندا پەیدا بوو. لەو قۆناغەدا دکتۆر ئاری ماوەی دوو مانگ ڕۆڵێکی دیاری لە ڕێکخستنەوەی شانەکان‌و دەستنیشان کردنی بەرپرسەکان و گۆڕینی رایەڵەی پەیوەندییەکاندا بینی.

لە ئازاری ١٩٨٦دا لەگوندی توتمە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. پاش دوو مانگ بە پلەی کادیر گوێزرایەوە بۆ سنوری تیپی ٧٨ی کاروخ.

لە تەموزدا لەگەڵ ١٢ کادیری پزیشکیی تیپەکاندا بڕیار درا بچێ بۆ ئێران بۆ بینینی خولێکی تایبەت بە چارەسەرو خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی. پاش تەواوکردنی خولەکە لە شاری کرماشان، پەیوەندیی بە تیپی ٧٨ی کاروخەوە کردەوە کە لەو کاتەدا بارەگاکەی بردبوە گوندی مالومەی دۆڵی جافەتی بۆ بەشداری کردن لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت. مانەوەی لە دۆڵی جافەتی ئەو دەرفەتەی بۆ پێکهێنا کە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بکات. ساڵی دواتر، بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاریدا کردو دواتریش، پاش گەڕانەوەی بۆ دەشتی کۆیە، بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی تەقتەق‌و ئۆپەراسیۆنی گرتنی بارەگای کەرتی جەیش شەعبیی ئەبو جەعفەری مەنسوری سەر ڕێگای هەولێر-کەرکوك کرد.

ساڵی ١٩٨٨ تاقیکردنەوەی لەسەر ئەو گازە کیمیاییە کرد کەفڕۆکەکانی عیراق لەگوندی وەرتێ بەکاریان هێنابوو و بۆی دەرکەوت کەجۆری گازەکە گازی سارینە. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، وەك پارتیزان لە ناوچەکە مایەوە. دواتر، لە قاسمە ڕەش‌و زەڵێ گیرسایەوەو ئەرکەکانی خۆی وەك کادیرێکی پزیشکی بەڕێوە بردو لە ساڵی ١٩٩٠ دا بۆ بنکەی تەندروستیی ئۆردوگای ئاوارەکانی هەنگەوێ- لاوین گوێزرایەوە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداری لەرزگارکردنی رانیەو شەقڵاوەدا کرد. دواتر، وەك ئەندامی بەرەی کوردستانی، لە هەریر دەستبەکار بوو و پاشان لە کۆمیتەی چۆمان ئەرکی ڕێکخستنی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٢- ٢٠٠٣ جێگری لێپرسراوی نەخۆشخانەکانی شۆڕش بوو. ساڵی ٢٠٠٤ بە پلەی راوێژکار لە وەزارەتی تەندروستی دامەزراو لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە

هەمان پلە خانەنشین کرا.
تا ساڵی ٢٠٠٩ کاری پارێزەریی کرد. لە ساڵی ٢٠٠٩دا گەڕایەوە بۆ کاری حکومیو کرایە بەڕێوەبەری گشتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتی لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی. لەو ماوەیەدا بەشداریی لەچەندەها وۆرك شۆپدا کرد کەسەبارەت بەبابەتەکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتیو مافەکانی مرۆڤ و هونەری بەڕێوەبردن و سەروەریی یاسا لە ناوخۆی هەرێم و پۆڵۆنیا و ئوردون و فنلەند و ئەمریکا و تونس و ئیتاليا ساز کرا بون.

## ئەردەڵان حەسۆ نەسرەددین



پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان و کادیری عەسکەری. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی شاری کەرکوکە بەڵام بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر گوندی کانی بیی دەشتی کۆیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە و دواتر تا پۆلی یەکەمی ئامادەیی پیشەسازی لە هەولێر خوێندوویەتی.
ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە کەرتی ڕێکخستنی سورداش ڕێك خراوە. ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگە لە تیپی ٢١ی کەرکوك. لەگەڵ بونی بە پێشمەرگە، بنەماڵەکەی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە تەنگی پێ هەڵچنراو لە سەرەنجامدا باوکی و دوو برای شاریان بەجێ هێشت و بوونە پێشمەرگە.
ساڵی ١٩٨٤ بۆ بارەگای مەکتەبی عەسکەری گوێزرایەوەو ساڵی دواتر لە بارەگای مەڵبەندی دوو لە گوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافایەتی گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٥ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٩٣ی کۆیە. ساڵی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی مەفرەزەو پاش دوو ساڵ کرایە فەرماندەی کەرت. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی دابان- هەلاج (١٩٨٥)، قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، داستانی رزگاری و گرتنی دێگەڵەو تەقتەق (١٩٨٧)و گرتنی سەری رەش( ١٩٨٨). کێشە تەندروستییەکانی لەئۆپەراسیۆنی گرتنی سەری رەشەوە دەست پێ دەکەن چونکە لەو ئۆپەراسیۆنەدا فیشەکێك بەر رانی کەوت و چەند ساچمەیەکیش بەر میزەڵدانی کەوتن کە لە ساڵانی دواتردا ئەمە لێی بوو بە نەخۆشی. دواتریش نەخۆشییەکە لێی پیس کردو توشی شێرپەنجەی میزڵدانی کرد. لە قۆناغی پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، ماوەیەك وەك پارتیزان پێشمەرگایەتیی کردووە. ساڵی ١٩٨٩ لە شاری گەیلان غەرب لە ئێران بەشداریی لە خولێکی فەرماندەییدا کرد. لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٢ وەك جێگری لێپرسراوی پەیوەندییەکان لە شاری خانە لە ئێران کاری کرد.
ساڵی ١٩٩٤ لێپرسراوەتیی هەواڵگریی فەوجی لیوای تایبەتی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٦ بەرپرسی زانیاریی لەشکری ٩ی کۆیە بووە. ساڵانی دواتر وەك رابەری سیاسی لەفەرماندەیی ٩ی کۆیەو فەرماندەیی ٢ی هەولێر کاری کردوە. ساڵی٢٠٠١ کرایە ئەندامی مەڵبەندی پێشمەرگە، دواتریش لێپرسراوەتیی جێگری بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکانی گرتە ئەستۆ.
ساڵی ٢٠٠١ لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لە ناوچەکانی سەر سنوری نێودەوڵەتیی عیراق- ئێران، لە بەردقەڵشیو و کۆزینە لە بناری چیای مامەندەی

ناوچەی قەڵادزێ، بە هۆی سەرمایەکی زۆرەوە گورچیلەیەکی لەدەستدا. ساڵی ٢٠١١ نەخۆشی تینی بۆ هێناو هەراسانی کرد. بەم هۆیەوە، بۆ چارەسەر چوو بۆ ئەڵمانیا. لە٤ی ئازاردا لە ئەڵمانیا بە نەخۆشیی شێرپەنچەی میزڵدان گیانی لەدەستدا. تەرمەکەی بۆ کوردستان هێنرایەوەو لە شاری کۆیە بە خاك سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*سەری رەش (ئۆپەراسیۆن).


## ئەرسەلان بایز



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣. ناوی تەواوی ئەرسەلان بایز ئیسماعیل. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی کاریتان لە ناحیەی دیبەگەی سەر بە پارێزگای هەولێر.

لە ساڵانی شەستەکاندا پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٦٩ لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیرا. پایزی ساڵی ١٩٧٠، کاتێك لە پۆلی دووی زانکۆ بوو، پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردی بەدەستهێنا. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و بوو بە مامۆستا لە ڕەواندز.

پاش ئەوەی هێزەکانی عیراق رەواندزیان گرت، لە




چۆمان گیرسایەوە و لە بەشی ئینسات کاری کرد. دوا بەدوای هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی، یەکسەر وەك سەرباز رەوانەی ناسریە کراو پاش مانگ و نیوێك تەسریح کرا. لە مانگی حوزەیراندا بە فەرمانبەر لە کۆمپانیای پەلەوەری هەولێر دامەزرا.

دوا بەدوای ئەوە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردەوە و بووە لێپرسراوی ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە کە لە شاخ پێشمەرگە بوون و لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە پەیوەندیی راستەوخۆی بە جەعفەر عەبدولواحیدەوە هەبوو.

پاش دەستپێکردنی شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکان لە دژی کۆمەڵە، جەعفەر عەبدولواحید لێپرسراوەتیی ڕێکخراوی هەولێری بەم و بە عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر سپارد. بەڵام زۆری نەبرد، فەرمانی گرتنی دەرچوو، ناسنامەیەکی ساختەی دەرکردو بەهۆیەوە چوو بۆ کەرکوك، ماوەیەك لەوێ خۆی حەشارداو پاشان چوو بۆ سلێمانی. لەوێ لەگەڵ هەر یەك لە ئیحسان نەجم محێدین و ئازاد هەورامی و عوسمانی نانەوا لەسەر

ئەوە ڕێککەوت کە خۆی و ئاوات عەبدولغەفوور بچن بۆ ئێران بۆ لای ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە خراپیی ڕەوشی ڕێکخستنەکان و پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆری فراکسیۆن لە ناو ڕێکخستنەکاندا پاش چوونیان بۆ ئێران. بەڵام لەسەر سنور ڕێوشوێنێکی مسۆگەریان بۆ گەیشتن بە سەقز چنگ نەکەوت، بۆیە لەگوندی چەمپاراو خۆیان ڕادەستی پاسگایەکی ئێرانی کردو پاشان ڕەوانەی بانە کران و لەوێوە برانە سەقز. لەوێ لە زیندان لەگەڵ شەهاب شێخ نوری شێخ ساڵح و فەرەیدون عەبدولقادرو عومەر سەید عەلی و جەعفەر عەبدولواحیدو عەلی بچکۆل یەکیان گرتەوە. لە ئێوارەی دوایین ڕۆژی ساڵی ١٩٧٥ هەر حەوتیان ڕادەستی عیراق کرانەوە.

ساڵی ١٩٧٦ لە بەغدا بە ٦ ساڵ زیندانی حوکم درا. ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. لە مانگی کانونی یەکەمی ئەو ساڵە لە ڕێگەی قەڵادزێوە خۆی گەیاندە ناوزەنگ و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەستپێکرد.

لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٨٠ وەك كادیر ڕەوانەی دەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە کرا. لە مانگی ئابدا گواسترایەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی و کرایە لێپرسراوی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە توژەڵە کە لەو سەردەمەدا وەك بۆردێکی دەزگای ڕاگەیاندن کاری دەکرد. لە پایزی ساڵی ١٩٨١ کرایە لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن و تا ساڵی ١٩٨٨ ئەم لێپرسراوەتییەی لە ئەستۆدا بوو.

ساڵی ١٩٨٢، کاتێك خولی چوارەمی «ڕێبازی نوێ» بە شێوەی گۆڤار دەستی پێکرد، ئەرکی سەرنوسەریی گرتە ئەستۆ.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٥ - ١٩٨٨دا لێپرساوێتیی خولی پێنجەمی ڕۆژنامەکەی گرتە ئەستۆ. لە خولی حەوتەمیش کە تێیدا «ڕێبازی نوێ» لە شاری سەقز دەرچووە، تا مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ خۆی سەرنوسەری بووە.

لە ئەیلولی ١٩٨٨دا وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی، بۆ گوندی ڕاژان گوێزرایەوەو لەوێ بەشدار بوو لە دەرکردنی ڕۆژنامەی «بەرەی کوردستانی».

ساڵی ١٩٩٢، بووە یەکەم سەرنوسەری ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» کە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە پاش ڕاپەڕین. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٣-١٩٩٥ لێپرساوەتیی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێری گرتە ئەستۆ. لە ماوەی نێوان ١٩٩٧-١٩٩٩ بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ وەزیری پەروەردە بوو لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. لە ماوەی نێوان ١٩٩٩-٢٠٠٩ بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لێپرساوی مەکتەبی ڕێکخستن بووە.

ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی ماستەرو ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێنا.

لە ماوەی نێوان ٢٠٠٩-٢٠١٢ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠، بۆ جاری سێیەم بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. لە ١٥ی شوباتی ساڵی ٢٠١٢ بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکایەتیکردنی لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان گرتە ئەستۆ و لە هەڵبژاردندا ٢٠٦٩١ دەنگی بەدەست هێنا، بەڵام پاش راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن، دەستی لە ئەندامێتیی پەرلەمان کێشایەوە. ساڵی ٢٠١٨ مەکتەبی سیاسی ئەرکی سەرکردایەتیکردنی لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پێ سپارد، بەڵام «لەبەر هۆی تەندروستی» نەیتوانی ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆ، وەك لە رونکردنەوەی جێگری سکرتێری گشتیدا هاتبوو، بۆیە، قوباد تاڵەبانی ئەرکی سەرکردایەتیکردنی لیستەکەی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بووە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

دیارترین بەرهەمەکانی: «فاشیزم» (١٩٨٨)، «راگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی» (٢٠٠١)، «رۆژانی سەخت» (٢٠٠٢).

هەروەها « قاوشی ژمارە ٣» کە بیرەوەرییەکانی زیندانی بە چەشنێکی دراماتیکی تێدا بەسەر کردۆتەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* کوردستانی نوێ (رۆژنامە).
* سبەی (گۆڤار).
* دەنگی گەلی کوردستان (ئێزگە).

## ئەرکی نوێ (رۆژنامە)

بڵاوکراوەیەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی کوردی لە شاری ئۆپسالای سوید دەری کردووە. رێکەوت عوسمان مەجید سەرنوسەری بووەو


ئەرکی نوێ

بڵاوکراوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە دەرەوەی وڵات

ژمارە یەك / ساڵی یەکەم / تشرینی یەکەم / ١٩٨٧

کوردستان مەڵبەندی ژیانە نەك تاقیگە

هێزە کوردستانیەکان نامەیەك ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەکەن

پەرلەمانی ئەوروپا رژێمی عێراق تاوانبار ئەکات

ئەرکی نوێ

هەر یەك لە شێرکۆ بێکەس و مەحمود مەلا عیززەت کاریان تێدا کردووە.

قەبارەی بڵاوکراوەکە فولسکابە و شەش ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ دەرچووەو دوایین ژمارە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٨. زۆرتر هەوڵدراوە بڵاوکراوەکە گوزارشت لەسیاسەت و هەڵوێستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات و روماڵی رووداوەکانی ناوخۆی وڵات بکاو رایەڵەیەك لە نێوان هەندەران و ناو وڵات پێك بێنێ. لەم سەروبەندەدا زۆر بایەخی بە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی ناوخۆی وڵاتو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە داوەو بەشێکی زۆری ئەو میدیا رۆژئاواییانەی بەسەر کردۆتەوە کە بابەتیان لەسەر مەسەلەی کورد بڵاوکردۆتەوە. پەراوێزێکیشی بۆ بواری وێژە هێشتبوەو لە ژمارە ٢دا پاشکۆیەکی ئەدەبیی لە دوتوێی دوو لاپەڕەدا دەرکرد کە بۆ وتارێکی شێرکۆ بێکەس تەرخان کرابوو.

ژمارەی لاپەڕەکانی جێگیر نییە و بەپێی زۆرو کەمیی بابەت زیادو کەمی کردووە. بەم پێیە. ژمارەی یەکەم و دووەم ٢٠ لاپەڕەن، ژمارەی سێیەم ٢٢ لاپەڕەیە، ژمارەی چوارەم ١٤ لاپەڕەیەو ژمارەی پێنجەم و شەشەم ١٢ لاپەڕەن. ناوی خوازراوو بابەتی بێ ناوی زۆر تێدا بەدی دەکرێ. بەشێکی زۆری بابەتەکان سەرنوسەر بە ناوی خۆیو ناوی خوازراو نوسیویەتی هەروەها دکتۆر برایم مەحمودو ئارام دەڵگەییو بەختیار دەڵگەیی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە.

هەرچەند رۆژنامەکە دوای تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ هیچ ژمارەیەکی تری لێ دەرنەچووە بەڵام هەر ئەو ستافەی کە رۆژنامەکەی دەرکردووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ دامەزراوەیەکی رۆشنبیریی بە ناوی بنکەی رۆشنبیریی ئەرکی نوێوە دامەزراند و بە زمانی کوردی و عەرەبی چەند کتێبێکی بڵاوکردەوە لەوانە پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی و کتێبێکی وەرگێڕدراوی حەسرەتیان دەربارەی راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی کوردی باکور بە سەرکردایەتیی شێخ سەعید پیران و کتێبی «سەرنج»ی رێکەوت عوسمان کە تێیدا دەرگای گفتوگۆ و دایەلۆگی سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی سیاسی کردۆتەوە، سەرباری چاپکردنەوەی ئەو کتێبەی تاڵەبانی کە تێیدا وەڵامی رۆژنامەی «غەدی دیموکراتی» و رەوتی شۆڤێنستی ناو بزوتنەوەی عەرەبی داوەتەوە.

## ئەزمڕ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی گاردی کۆمارو کۆماندۆی سوپای عیراق لە چیای ئەزمڕ لە ساڵی ١٩٩١. ئەم شەڕە پاش ئەوە رویدا کە هێزەکانی عیراق شاری کەرکوکیان گرتەوەو کەوتنە پێشڕەوی کردن بۆ گرتنەوەی هەموو ئەم شوێنانەی کە لە کاتی راپەڕیندا لەدەستیان دابوو.

پاش ئەوەی هێزەکانی عیراق چونە ناو شاری سلێمانی، شەڕ کەوتە ناو شار. بەر لەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ پشت چیای ئەزمڕ بکشێتەوە، هەندێ پێکدادان لەشەقامی شەست مەتریو دەباشان رویدا. دوا بەدوای ئەم پێکدادانە، هێزی پێشمەرگە بۆ سیتەكو قەڵاچوالان کشایەوەو لەوێ نەخشەیەك بۆ روبەڕوبونەوەی هێرشی چاوەڕوانکراوی هێزەکانی عیراق دانرا. بەڵام لەبەر راکردنی دانیشتوان لەشارەکانو پەرشو بڵاویی هێزی پێشمەرگە، پرۆسەی کۆکردنەوەی هێز لە ئەزمڕ پێویستی بەکات بوو. لەم سەروبەندەدا دوانزە پێشمەرگە بە فەرماندەیی تالیب نوری عەلی مۆریاسی لەسەر داوای جەبار فەرمان لە ئەزمڕ جێگیر کران بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی هێزەکانی عیراق.

پێشمەرگەکانی هێزەکە لە چیای ئەزمڕ سەنگەریان لێداو خۆیان بۆ روبەروبونەوەیەکی سەخت ئامادە کرد. سەعات ٦ی رۆژی ٥ی نیسانی ١٩٩١ هێزەکانی گاردی کۆمارو کۆماندۆ دەستیان بەهێرشەکەیان کرد. هێرشی یەکەم زۆر بە توندی بەرپەرچ درایەوەو تێك شکێنرا. دوژمن ژمارەیەك کوژراوی لەمەیدانی شەڕ لێ بەجێ ماو پێشمەرگە دەستی بەسەر دوو ئوتومبیلی مێکزەمینیو دوو رەشاشی بیکەیسیو چەند کلاشنکۆفێك و بڕێك تەقەمەنیدا گرت.

پاش تێك شکانی هێرشەکە، هێزەکانی عیراق لە سەربازگەی سارداو خۆیان رێك خستەوەو رۆژی دواتر دەستیان بە هێرشی دووەم کردەوە کە تێیدا گاردی کۆمار بە پاڵپشتی یانزە تانك پێشڕەویی کرد. پێشمەرگەکان بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو لە نزیك پردەکەی عەلی ئاغا دوو تانکیان تێك شکاند.

شەڕ پێنج سەعاتی خایاندو سەرەنجامەکەی بە تێك شکانی هێرشەکە کۆتایی هات.

شەڕ تا سێ ڕۆژی تر درێژەی کێشاو هەموو ئەو هێرشانەی کە لەو ماوەیەدا کرانە سەر ئەزمڕ تێك شکێنران. لەم سەروبەندەدا بەرەی شەڕ بەرە بەرە هێزی تری بۆ چوو لەوانە هێزەکانی جەمال محەمەد، جەلال محەمەد محێدین ناسراو بە جەلالی حەمەی محە، دلاوەر عوسمان، حەسەن حەمید ناسراو بە ڕۆستەم، عەبدوڵڵا قادر حەمەلاو ناسراو بەعەبە رەق، ئەنوەر دۆڵانی، عەلی چەلەبیو حەمە سەید سادقی. هەروەها هێزەکانی بەرەی کوردستانیش بەهانای بەرەی ئەزمڕەوە چونو بەرەیەکی پتەوی شەڕیان بەرامبەر بەهێزەکانی گاردی کۆماری دروست کرد. هێزی پێشمەرگە بەپاراستنی چیای ئەزمڕ، سنوری بۆ پێشڕەویی هێزەکانی عیراق داناو ناوچەیەکی بەربڵاوی لەئەزمڕەوە تا سەر سنوری عیراق- ئێران لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی عیراق هێشتەوە.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربڕو دەستپێکردنی وتووێژ لە نێوان بەرەی کوردستانیو ڕژێمی عیراق، بەرەی ئەزمڕ بووە هێڵی سنور لە نێوان دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەو دەسەڵاتی ڕژێمی عیراق لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی.

## ئەستێرە (گۆڤار)

گۆڤارێکی منداڵانە، لە شوباتی ١٩٨٣ لە مەڵبەندی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرچووە. لە سەرەتادا نیاز وابووە گۆڤارەکە بە شێوەیەکی مانگانە دەرچێ بەڵام نەتوانراوە پێداویستییەکانی بەردەوامبوونی فەراهەم بکرێت، بۆیە هەر یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

داینەمۆو خاوەنی بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارەکە




هونەرمەندی شێوەکار و کاریکاتێریست عەبدوڵڵا عەلی ڕەشید ناسراو بە کاکە عەبەیە. گۆڤارەکە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە، بەڵام بە کردەوە عەبدوڵڵا عەلی ڕەشید ڕۆڵی سەرنوسەری تێدا گێڕاوەو ئەوانەی کاریان تێدا کردووە ئەمانەن: یوسف شەریف، شەماڵ بەهجەت کابان، سیامەند مامیر شاسواری، شنۆ شاسواری، فاروق شاسواریو مەریوان وریا قانیع، شاسوار هەرشەمی، لالۆ ڕەنجە و گارا.

ژمارەکە لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید لەگوندی وەرتێ چاپ کراوەو قەوارەی نیو فولسکابە، بە ڕەشو سپی دەرچووە، لە ڕوی تەکنیکییەوە ئامێری ڕۆنیۆو فۆتۆستێنسل لە دەرکردنیدا بەکار هێنراوە و هەموو نوسینەکان بەدەست نوسراون.

پاش دورکەوتنەوەی عەبدوڵڵا عەلی ڕەشید لە دەزگای ڕاگەیاندنی مەڵبەندو وەرگرتنی لێپرسراوەتیی کەرتی ڕێکخستنی چۆمان لە دۆڵی

خانەقا، گۆڤارەکە پەکی کەوت و ژمارەی تری لێ دەرنەچوو.

ئامانجی گۆڤارەکە پەرەپێدانی توانا رۆشنبیرییەکانی منداڵان و قوڵ کردنەوەی گیانی کوردایەتیو بەرخودان و بەرگری بوو و لەم سۆنگەیەوە لە بابەتەکانیدا ژیانی سەردەمی پێشمەرگایەتی زۆر بە زەقی رەنگی داوەتەوە. هەڵبژاردنی ناوی «ئەستێرە» بۆ گۆڤارەکە، زۆرتر بۆ بە زیندویی هێشتنەوەی ناوی گۆڤاری «ئەستێرە»ی بەغدایە کە ساڵی ١٩٧٥ سێ ژمارەی لێ دەرچووەو پاشان حکومەتی عیراق مۆڵەتی نەداوە ژمارەی دیکەی لێ دەرچێ.

## ئەستێرەی سور (کۆمیتەی سەرکردایەتی)

کۆمیتەیەکی سەرکردایەتییە لە ئازاری ١٩٧٤ دامەزراو ئەرکی بەڕێوەبردنی بە جەعفەر عەبدولواحید سپێردرا. پاڵنەری سەرەکیی پێکهێنانی کۆمیتەکە پەیوەندیی بە هەلومەرجی دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان کوردو حکومەتی عیراقەوە هەیە، چونکە لەو هەلومەرجەدا بەشێکی زۆری سەرکردەو ئەندامەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە بەرنامەیاندا بوو کە بچنە دەرەوەو پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن. ئەم کۆمیتەیە بۆ ئەوە دامەزرا کە سەرپەرشتیی رێکخستنی ناو شارەکان بکا.

کۆمیتەکە لەم چوار ئەندامە پێکهات: جەعفەر عەبدولواحید وەك لێپرسراوی کۆمیتەو لێپرسراوی رێکخستنی هەولێرو موسڵ، ئەنوەر زۆراب وەك لێپرسراوی رێکخستنی بەغداو خانەقین، ئاسۆ شێخ نوری وەك لێپرسراوی رێکخستنی سلێمانی، ئیحسان نەجم محێدین ناسراو بە ئەبو شەهاب وەك لێپرسراوی رێکخستنی کەرکوك. پاش ئەوەی ئیحسان نەجم محێدین پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد، سەرپەرشتی کردنی رێکخستنی کەرکوك کەوتە ئەستۆی لێپرسراوی کۆمیتەکە.

لەسەر دەستی ئەم کۆمیتەیە، کۆمەڵە بە ئاشکرا خۆی وەك گروپێکی سیاسی راگەیاندو هەندێ بڵاوکراوەی بە ناوی خۆیەوە لە چەند گەڕەکێکی سلێمانی بڵاوکردەوە.

پاش هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، کۆمیتەکە بەردەوام بوو لەسەر هەڵسوڕانی خۆی و دوا بەدوای گەڕانەوەی سەرکردەکان و ئەندامان بۆ شارەکان، عەلی بچکۆل لەجیاتی ئیحسان نەجم محێدین بۆ سەرپەرشتیکردنی رێکخستنی کەرکوك دانرا. لەبەر هۆی ئەمنی و لەبەر هەندێ کێشەی ناو کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە، کۆمیتەی سەرکردایەتی کە پێکهاتبوو لە شەهاب شێخ نوری، ئاوات عەبدولغەفوور، فەرەیدون عەبدولقادر، حەمەی میرزا سەعیدو جەعفەر عەبدولواحید بڕیاریدا هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە کۆمیتەی ئەستێرەی سورو بەم پێیە کۆمیتەکە لە کۆمیتەیەکی سەرپەرشتیاری رێکخستنەوە بوو بەکۆمیتەی سەرکردایەتی بە شێوەیەکی کاتی.

هەر ئەو ساڵە کۆمیتەکە هەڵوەشێندرایەوە و کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بە سەرۆکایەتیی شەهاب شێخ نوری، کاروباری کۆمەڵەی هەڵسوڕاند. ئەم سەرکردایەتییە حەوت کەسییە تا ئەو کاتەی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس لە هاویندا دەستیان بە شاڵاوی گرتن و راوەدونانی ئەندامانی کۆمەڵە کرد، بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی خۆی.

## ئەستێڵ (شەڕ)

شەڕێکی دوو سەعاتییە لە نێوان دەستەیەك پێشمەرگەی کەرتی یەکی قەرەداغی سەر بە

هەرێمی ٥ی قەرەداغ و هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق کە هێرشی کردبووە سەر گوندی ئەستێڵ لە ناوچەی قەرەداغ لە ١٧ی ئابی ١٩٧٩. دوای ئەوەی کە پێشمەرگەکان بەرەنگاری هێرشەکە بوون، توانییان زیانی کوژرانی ٣ سەربازو بریندار بوونی ٣ سەربازی تر لە هێزەکەی دوژمن بدەن.

## ئەسحابە سپی (شەڕ)


چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لە ناو شاری سلێمانی. دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ لە ٣٠ی ئایاری ١٩٧٨ لە گوزەری ئەسحابە سپیی شاری سلێمانی، هێزێکی پۆلیسی دایە بەر گوللە. لە ئاکامدا یەك پۆلیس کوژراو دوو پۆلیسی دیکەش بریندار بوون.

## ئەشرەف شەرەف نوروڵڵا تاڵەبانی



هەڵسوڕاو و کادیری دێرینی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. ناسراو بە شێخ ئەشرەف شێخ شەرەف شێخ نوروڵڵا تاڵەبانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٦ی گوندی کەلکانی بناری چیای کۆسرەت. ساڵی ١٩٥٣ لە شاری کۆیە لە خوێندنگەی حاجی قادری کۆیی دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووەو ناوەندیو دواناوەندیی لەکۆیە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٠، لە کاتێکدا کە خوێندکاری ناوەندی بووە، چوەتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی




کوردستانەوەو لە ساڵی ١٩٦٣دا بووەتە لێپرسراوی یەکێتیی قوتابیان لە دواناوەندیی کۆیە. هەر ئەو ساڵە، دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو یەکەم حکومەتی حزبی بەعسدا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو. لەم سۆنگەیەوە کۆیەی بەجێ هێشت و چووە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق. دوای روخانی حکومەتی بەعسو دەستپێکردنی وتوویژ لە نێوان شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام عارف، گەڕایەوە بۆ کۆیەو چۆوە سەر خوێندنو دواناوەندیی تەواو کرد.

لە پرۆسەی لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستانداو دابەشبونی بەسەر باڵی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانیو باڵی مەکتەبی سیاسیدا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسی کردو لە لیژنەی ناوچەی کۆیە کاری کرد. ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی زمانی ئینگلیزیی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیرا.

لە بەغدا بەردەوام بوو لەسەر کارکردن لەڕێکخستنی

خوێندکاراندا. لە ساڵی ١٩٦٧دا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنی خوێندکارانی کۆلیجەکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر بووە جێگری لێپرسراوی لقی بەغدای یەکێتیی قوتابیان کە بەرپرسەکەی تەیب بەرواری بوو.

ساڵی ١٩٦٨ بە وێستگەیەکی گرنگی پەرەسەندنی بیری سیاسیی دادەندرێ چونکە لەو ساڵەدا زۆرتر ئاشنایەتیی لەگەڵ بیروباوەڕی چەپدا پەیدا کردو هەموو رەفتارو شێوەی کارکردنی بە پێی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکان فۆرمۆڵەبەندی کردەوە. بەڵام لەو ماوەیەدا لەبەر پەرەسەندنی ململانێی توندوتیژی نێوان هەردوو باڵی پارتی، خێزانەکەی ناچار بوو کۆیە بەجێ بێڵێ‌و لە سلێمانی نیشتەجێ بێ. ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر باری دارایی خێزانەکەی بەجێ هێشت، بۆیە بە ناچارییەوە وازی لە خوێندن هێناو دواتر لە زانکۆی سلێمانی بە فەرمانبەر دامەزرا.

لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لەو کۆشش و هەوڵانەدا کرد کە ئامانجیان تۆکمەکردنی شەپۆلی شۆڕشگێڕانە بوو لەکۆمەڵگادا. لە بەرەنجامی کۆتاییدا، لەگەڵ راوەستانی شەڕ لە کوردستان‌و راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠و دەستپێکردنی قۆناغی ئاشتی لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، کۆشش‌و هەوڵەکان بونە هەوێنی پێکهێنانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرد بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١دا پشتگیریی ئەو بۆچونەی کرد کە پێی وابوو نابێ کۆمەڵە لەسەر بناغەیەکی نەتەوەیی پێك بێ و دەبێ لە سەرانسەری عیراقدا نەك تەنها لە کوردستاندا چالاکی بنوێنێ. ئەم قۆناغە لە مێژوی کۆمەڵەدا بە قۆناغی ململانێی بیری کوردستانی‌و بیری عیراقچێتی ناسراوە. لەو سۆنگەیەوە کە سازانی نێوان هەردوو ئاراستە گەیشت بەبنبەست، لەگەڵ ١٣ ئەندامی دیکەدا ریزەکانی کۆمەڵەی بەجێ هێشت و بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەربەخۆ کە سکرتێرەکەی فوئاد قەرەداغی بوو و ئەوو ئەندازیار سلێمان عومەر هەولێری ئەندامی سەرکردایەتی بون تێیدا.

پاش شکست هێنانی ئەزمونی ڕێکخراوەکەی فوئاد قەرەداغی، لە کاری سیاسی دابڕا بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ هەڤاڵانی پێشوی هەر درێژەی کێشا. لە ساڵی ١٩٧٧دا هەرچەند پەیوەندیی سیستماتیکیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە نەما بوو، بەڵام لە شاڵاوێکی دەزگا ئەمنییەکاندا، بە گومانی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا، لەگەڵ چەند کادیرێکی کۆمەڵەدا گیرا لەوانە لەتیف عومەر مستەفاو کاوە خەلیل و دواتر، پاش ئەوەی هیچیان لەسەر ساغ نەبۆوە، ئازاد کران.

ساڵانی دواتر، دور لە پابەندبونی ڕێکخراوەیی، بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناو شارو هێزی پێشمەرگەداو لە هەندێ هەلومەرجی تایبەتدا دەرفەتی خزمەتکردنی ڕێکخستنە نهێنییەکان‌و هێزی پێشمەرگەی بۆ رەخسا لەوانە ناردنی کۆمەك‌و پارەو تەقەمەنی بۆ تیپی ٩٣ی کۆسرەت‌و مەڵبەندی سێ‌و هەندێ ئامێری چاپەمەنی بۆ قەرەداغ و داڵدەدانی ئەندامانی ڕێکخستنەکان لە کاتی لێقەوماندا.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە رزگارکردنی شارۆچکەی بەکرەجۆدا کرد. پاش پێکهێنانی حکومەتی کوردستان، لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پشتگیری کراو کرایە بەڕێوەبەری شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی.

پاش حەوت ساڵ کارکردن لەم بوارە، گوێزرایەوە بۆ دامەزراوەی گشتیی گەشتوگوزارو لێپرسراوەتیی جێگری بەڕێوەبەری تێدا گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ٢٠٠٩دا خانەنشین کرا.

کتێبێکی بە ناونیشانی «کورتەیەك لە مێژوی شێخانی تاڵەبانی» هەیە کەساڵی ٢٠١٢ لە لایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیەوە دەرچووە. ئەم کتێبە زانیاریی وردی دەربارەی مێژوی بنەماڵەی تاڵەبانی تێدایەو بە سەرچاوەیەکی گرنگ‌و باوەڕپێکراوی ئەم بابەتە دەژمێردرێ.

## ئەکبەر سان ئەحمەد قادر



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی تیپ. ناسراو بە ئەکبەر ئیناخی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی لمەی ناوچەی سازانی سەر بە قەزای هەڵەبجە. ساڵی ١٩٦٠ لە تەمەنی حەوت ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندنو هەر ئەوەندەی بۆ لواوە کە تا پێنج ساڵی یەکەمی قۆناغی سەرەتایی بەردەوام بێ لەسەر خوێندن. ساڵی ١٩٦٩ لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو بۆتە پێشمەرگە. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی، وەك پێشمەرگە درێژەی بە ئەرکەکانی خۆی داوە. لە ساڵی ١٩٧٤ دا دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، بەردەوام بوو لەسەر ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی‌و لەو ماوەیەدا بۆ ماوەی سێ مانگ بەشدار بوو لە شەڕەکانی چیای حەسەن بەگ‌و سەرتیژو گەروی عومەر ئاغا، سەرباری بەشداریی لە شەڕەکانی کانی پانکەو ئیلانە چەرخ و رازیانە لە نزیك شاری سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو پاش دوو ساڵ بەبڕیاری ڕێکخستن گوێزرایەوە بۆ بەشی شانە چەکدارەکانی ناو شار کە فاتیح مستەفا سەرپەرشتیی دەکرد.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی یەکی هەورامان ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی١١ی هەورامان و لە ساڵی ١٩٨٨دا کرایە فەرماندەی تیپەکە. لە ماوەی نێوان ١٩٨١-١٩٨٨دا بەشداریی لە چەندین شەڕو نەبەردی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران (١٩٨٢)، قەندیل (١٩٨٣)، قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ (١٩٨٧)، شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی سێ‌و گرتنی شاری هەڵەبجە (١٩٨٨).

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بوو لە ئازادکردنی ناوچەی کفری‌و گەرمیانو هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی هەڵەبجە لە هێزی سێ. ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستاندا کرایە بەڕێوەبەری چالاکییەکانی لیوای ٢٠ی شارەزوور. ساڵی دواتر کرایە جێگری فەرماندەی لیوای یەکی تایبەتی سلێمانی‌و لە ساڵی ١٩٩٤دا فەرماندەیی لیواکەی پی سپێردرا. ساڵی ١٩٩٥ بووە جێگری فەرماندەی لەشکری شارەزورو ساڵی دواتر بووە فەرماندەی هەمان لەشکرو تا ساڵی ١٩٩٧ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو. لە ساڵی

١٩٩٧دا کرایە ئەندامی فەرماندەیی شارەزور.

ساڵی ١٩٩٨ بۆ ماوەی ٨ مانگ‌و نیو بەشداریی خولی ٢ی فەرماندەیی کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالانی کرد. ساڵی ٢٠٠٠ کرایە لێپرسراوی فەرماندەیی بەمۆ. پاش یەك ساڵ ڕاژەکەی بۆ شاری هەڵەبجە گوێزرایەوەو کرایە لێپرسراوی فەرماندەیی ٢٣ی هەڵەبجە. ساڵی ٢٠٠٤ ڕاژەی بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ گوێزرایەوەو کرایە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی بەرگری‌و فریاکەوتنی شارەزور بە پلەی عەقید و لە ساڵی ٢٠٠٦دا پلەکەی بۆ عەمید بەرز کرایەوە.

## ئەکرەم عەزیز حسێن*



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە حاجی ئەکرەم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی شێخانانی دەشتی هەولێر. لە خێزانێکی جوتیاری کوردپەروەرە.

خوێندنی سەرەتایی لەگوندەکەی خۆی تەواو کردووەو دواتر بۆ خوێندنی ناوەندی روی کردۆتە شاری هەولێرو لە خوێندنگەی کۆماری قۆناغی خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووەو هەر لەوێش پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. دواتر لەئامادەیی کشتوکاڵی ئەسکی کەلەك وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێر و دواتر بەفەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی وەرگرتن و چاککردنی توتن لەهەریر دامەزرا. پاشان گوێزراوەتەوە بۆ گوندی تەندورەی دەشتی شەمامك و لەوێ وەك سەرپەرشتیاری جوتیاران لە کێڵگەیەکی هەرەوەز کاری کردوە. دواتر لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەولێر کاری کردووەو پاشان کراوەتە بەڕێوەبەری مەڵبەندی وەرگرتنی دانەوێڵەی جوتیاران لەگوندی گردەڕەشە.

لە ساڵی ١٩٨٠دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە١٢ی ئابی ١٩٨١ دا بە پێی نەخشەیەکی تۆکمەو لە چوارچێوەی چالاکییەکی کەم وێنەدا توانی ١٨٠ هەزار دینار لە بانکی رافیدەینی عیراق وەرگرێ‌و بیگەیەنێتە دەست سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پاش ئەم چالاکییە، دەم و دەست پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد.

ئەو بڕە پارەیە لەو سەردەمەدا بڕێکی زۆر بوو. لە تۆڵەی ئەم کارەیدا، دەزگا ئەمنییەکان هاوسەرەکەی‌و باوکی‌و برایەکی‌و دوو کوڕەکەیان گرتو بۆ ماوەی زیاد لە ساڵێك فڕێیاندانە زیندانەوە. لەتەموزی ١٩٨٢ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کران. بەڵام دوای یەك ڕۆژ لە ئازادکردنیان، دوبارە دەستگیر کرانەوەو دواتر لە ئەیلولدا بە کەفالەت ئازاد کران.

حاجی ئەکرەم لە پێشمەرگایەتیدا ئەندامی کۆمیتەی شەقڵاوەی کۆمەڵەی رەنجدەران بووە. لە ساڵی ١٩٨١دا بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەدا کردووە. لە کانونی یەکەمی ١٩٨٣دا لە نێوان هەردوو گوندی بەستۆرەو گڕاودا لە ناحیەی پیرمام کەوتە بۆسەی جاشەکانەوەو لە ئەنجامدا بە سەختی بریندار بوو.

لە١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٨٣دا لە ڕوداوی تەقینەوەی مین لە گوندی قورە بەرازەی ناوچەی تەقتەق شەهید بوو.

# ئەلجەبهە ئەلكوردستانیە (رۆژنامە)


في هذا العدد
الجبهة الكردستانية
تصدرها الجبهة الكردستانية العراقية
العدد ٣ آذار ١٩٩٠
من وثائق الجبهة الكردستانية
مَجزرة حلبچة ..
ذكرى المأساة..ومسؤولية المجتمع الدولي
الجريمة التاريخية الكبرى في حلبچة جسدت مأساة شعبنا المروعة
المجتمع الدولي والقضية الكردية

ئۆرگانی بەرەی کوردستانی بە زمانی عەرەبی. ئەم رۆژنامەیە ١٣ ژمارەی بە دوو خول لێ دەرچووە. خولی یەکەم شەش ژمارەی لە دیمەشقی پایتەختی سوریا لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە ئایاری ساڵی ١٩٨٩ دەرچووەو ژمارەی ٦ کە دوایین ژمارەی خولی یەکەمە لە شوباتی ١٩٩١ دەرچووە.

دەستەی نوسەرانی لە نوێنەرانی لایەنە پێکهێنەرەکانی بەرەی کوردستانی پێك هاتبوو. ئامانجی سەرەکیی رۆژنامەکە ناساندنی سیاسەتو بۆچونەکانی بەرەی کوردستانی بوو بە جیهانی عەرەب.

بە بەراورد لەگەڵ رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی» کە ئۆرگانی بەرەی کوردستانی بوو بە زمانی کوردی، ئەم رۆژنامەیە زۆر درەنگ دەرچووە، چونکە حەوت مانگ پاش دەرچونی «بەرەی کوردستانی» دەرچووە. لە دیزایندا زۆر پێشکەوتوو بوو. نوسەرە کوردە عەرەبینوسەکانو ژمارەیەك نوسەری عەرەب بابەتیان بۆ نوسیوە، لەوانە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق رۆڵێکی باڵایان لە نوسیندا هەبووە.

زۆربەی ئەندامانی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەکە پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕانەوە بۆ کوردستانو بە هۆی ئەمەوە پاش ژمارە ٦ هیچ ژمارەیەکی دیکەی لە سوریا لێ دەرنەچوو.

خولی دووەمی رۆژنامەکە لە ساڵی ١٩٩٢ دەست پێ دەکاو حەوت ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام لەم خولەدا وەك پاشکۆی عەرەبیی رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی» دەرچووە. لە قەوارەدا وەك ژمارەکانی خولی دووەمی رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی» بە قەوارەی ٤٨ بە ٣٤ سم دەرچووە.

ژمارەکانی ئەم خولە ناوی سەرنوسەریان لەسەرە کە عەبدوڵلا ئاگرینە بەڵام ناوی ئەندامانی دەستەی نوسەرانیان لەسەر نیە. هەموو ژمارەکانی ئەم خولە لە هەولێر چاپ کراون. یەکەم ژمارەی ئەم خولە لەشوباتی ١٩٩٢ دەرچووەو ژمارە ٧ کە دوایین ژمارەیە لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ دەرچووە. هەرچەند رۆژنامەکە تا دوایین ژمارە، وەك پاشکۆی «بەرەی کوردستانی» خۆی ناسیوە، بەڵام تەنانەت پاش وەستانی رۆژنامەی دایکیش، هەر بەردەوام بووە لەسەر ناسینی خۆی وەك پاشکۆ. پاش وەستانی رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی» شەش ژمارەی لێ دەرچووە.

ماوەی دەرچونی، رێکوپێك نەبووەو زۆرتر لە مانگنامە دەچێ. بە درێژایی ٩ مانگ، ٧ ژمارەی لە کاتی نادیاریکراو لێ دەرچووە. لە ژمارەی لاپەڕەکاندا هەر ژمارەیەك جیاوازیی هەیە. زۆربەی ژمارەکان بە ٨ لاپەڕە دەرچوون، بەڵام هەندێ جار بە١٢ لاپەڕەو هەندێ جاری تر بە ٤ لاپەڕە دەرچوون.

کۆمەڵێك نوسەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە عەبدولغەنی عەلی یەحیا، عەبدوڵلا ئاگرین، کەمال غەمبار، عەبدولخالق عەبدوڵلا، هیوا عوسمان، عەباس عەبدوڵلا یوسف و شێرزاد شێخانی، بە ڕەچاوکردنی

ئەوەی کە بەشێکی زۆری بابەتەکان بە بێ ناو یان بە ناوی خوازراو بڵاوکراونەتەوە.


پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستیی مانەوەی بەرەی کوردستانی دای لە کزیو لەم سۆنگەیەوە پێویستیی بەردەوامبونی رۆژنامەکەش دای لە کزی. بۆیە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا، لە ژمارە ٧دا کە دوایین ژمارەیە، رۆژنامەکە لە وتارێکی بێ ناودا لە ژێر ناونیشانی «پاش پێکهێنانی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران، ئایا رۆڵی بەرەی کوردستانی کۆتایی هاتوە؟» هەوڵیداوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆتایی رۆڵی بەرەی کوردستانی رابگەیەنێو لەم رێیەوە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆش بەدەرنەچونی پاشکۆ عەرەبییەکە بدا.

رۆژنامەکە لە خولی دووەمدا لە ڕوی دیزاینەوە ئاستێکی پێشکەوتوی هەیەو لە لاپەڕەی یەکەم و دوا لاپەڕەدا ڕەنگ بەکار هاتووە.

بابەتەکانی ئەم خولە زۆر لە ژێر کاریگەریی قۆناغی پاش ڕاپەڕیندان. وەك دیکۆمێنتێکی مێژویی، دەشێ بابەتو هەواڵە بڵاوکراوەکانی، زۆر پشتیان پێ ببەسترێ. سەرباری بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی بەرەی کوردستانی، بانگەشەیەکی باشی بۆ مەسەلەی کورد لە دوای ڕاپەڕینەوەی جەنگی دووەمی کەنداو کردووەو چەردەیەك بابەتی وروژاندووە کە لەو سەردەمەدا بایەخی خۆیان هەبووە وەك مەسەلەکانی مافی مرۆڤ، ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانو مافی چارەی خۆنوسین.

رۆژنامەکە لە هەردوو خولدا کۆپیی ئۆرگانە کوردییەکە نەبوە، بەتایبەتی کە گوتاری سیاسیی زۆرتر روی دەمی لە عیراقییە عەرەبەکان و جیهانی عەرەب بوە، بۆیە بابەتەکانیو شێوەی خستنە بەرچاویان تایبەتمەندیی خۆیان هەبوە و لەم روەوە رۆژنامەکە زۆر سەرکەوتوو بوە.

## ئەمیر باقی غەفوری



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی کۆیە. تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە. ساڵی ١٩٦٧ بوو بە پێشمەرگەو تا هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ پێشمەرگە بوو. دواتر گەڕایەوە بۆ کۆیەو تێکەڵ بە ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. ساڵی ١٩٧٦ بووە بە پێشمەرگەو بەشداریی زۆر چالاکیی پێشمەرگانەی کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ ئەو هێزەدا بەرەو سنوری عیراق - تورکیا بەڕێ کەوت کە ئەرکەکەی دانانی بنکە بوو لە ناوچەی برادۆست. لە ٤ی ئایاردا لە ناوچەی هەکاری بە برینداری کەوتە دەست چەکدارە خێڵەکییەکانی ناوچەی هەکاری و لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٧٩دا ئازاد کرا. دوا بە دوای ئەمە، چوو بۆ سوریاو لەوێوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و درێژەی بە ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی دا.

ساڵی ١٩٩١ یەکێ لەو کەسانە بوو کە بۆماوەی ١٢ رۆژ لەبەردەم بارەگای هەولێری نەتەوە یەکگرتووەکان مانیان لە خواردن گرت.

پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕیزی پێشمەرگەدا خزمەتی کردو بەشداریی لەخولی ئەفسەرانی قەڵاچوالاندا کردو پلەی نایابی

بەدەستهێنا. لە ١٩ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر ڕێی کۆیە - سلێمانی بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد.

## ئەنجومەنی ئاواییەکان

ئەنجومەنی حوکمڕانیی لۆکاڵ لەگوندەکان. پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاواییەکان لە ساڵی ١٩٨١ لە گوندەکانی سنوری ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق، ئەزموونێکی سەرەتاییە بۆ حوکمڕانیی لۆکاڵ لەگوندەکاندا. لەهەر گوندێك ئەنجومەنێك لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە پێکهات و ئەو ئەنجومەنانە زۆرتر لە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن دەچوون. لەکۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨١ بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاواییەکان دراو پاش تەواوبوونی کۆنفرەنسەکە دەست بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە کرا.

ئەگەرچی ئەم ئەزموونە لەڕووی دیموکراتییەوە ئەزموونێکی پێشکەوتووە، بەڵام بەبێ کەموکوڕیش نەبوو. هەندێ لەو کەموکوڕییانە کەموکوڕیی گەوهەری بوون و کاریگەریی زۆریان لەسەر هەڵسوڕانی ئەنجومەنەکان هەبوو، بەتایبەتی کە ئەزموونەکە لەشوێنێك بەڕێوە دەچوو کە هیچ پێشینەیەکی دیموکراتییانەی نەبوو. ئەنجومەنەکان زۆرتر ئەنجومەنی پیاوان بوون، چونکە ژنان جگە لەوەی کە لە هیچ ئەنجومەنێکدا ئەندام نەبوون، نزمترین ئاستی بەشداری کردنیشیان لە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکاندا هەبوو. ئەگەرچی بڕیار وابوو ئەندامانی ئەنجومەنەکان بە شێوەیەکی دیموکراتییانە هەڵببژێردرێن، بەڵام لەهەندێ شوێندا لێپرساوان خۆیان ئەندامەکانیان دادەناو ڕەزامەندیی خەڵکیان بۆ دابین دەکردن و لە هەندێ شوێنی تردا لێپرساوان کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبوو، چونکە لیستیان دادەبەزاندو دەنگدەرانیان هاندەدا دەنگی پێبدەن.

لەناو حزبەکانیش لەسەر هەندێ وردەکاری، ڕای جیاواز هەبوو، بەڵام هەموویان لەسەر بەردەوامبونی ئەزمونەکە کۆك بون. لەم سەروبەندەدا دەکرێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە بە شێوەیەکی گشتی دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ ئەنجومەنی ئاواییەکان هەبوو. تێڕوانینێك پاساوەکەی لە دیموکراسیی لیبرالەوە سەرچاوەی دەگرت و تێڕوانینێکی تر کە پاساوەکەی زۆرتر لە دیموکراسیی سازانەوە نزیك بوو. لەم مەسەلەیەدا دەکرێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە نوێنەری تێڕوانینی یەکەم دابنرێ و پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە نوێنەری تێڕوانینی دووەم. لە باری سەرنجی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ئەنجومەنەکان ئەنجومەنی کاراو ئەکتیڤ بن، دەبێ بەر لە هەموو شتێك سەربەخۆ بن، بەو مانایەی کە حزبەکان، لانی کەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هیچ ڕۆڵێکیان لە دانانی ئەندامانی ئەنجومەنەکاندا نەبێ و هەڵبژاردنی ئەو ئەندامانە بۆ خودی دانیشتوانی دێهاتەکان بهێڵدرێتەوە. ئەم تێڕوانینە دەستی حزب لە پێکهێنانی ئەنجومەنەکان دور دەخاتەوەو فاکتەری کێبڕکێ دەکاتە فاکتەری یەکلاکەرەوە. لە باری سەرنجی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە، پێکهێنانی ئەنجومەنەکان پێویستی بە سازانی حزبەکانە لەسەر دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکان و دەبێ پرۆسەکە بە سەرپەرشتیی حزبەکان بەڕێوە بچێ. بەپێی ئەم تێڕوانینە، فاکتەری کێبڕکێ ئافەروز دەکرێ و ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەکەدا بۆ حزبەکان دەبێ. لەم تێڕوانینەدا دەشێ حزبەکان لیستی هاوبەش دابەزێنن و هەر حزبێك، بە ڕێککەوتن لەگەڵ حزبەکانی تر،

چەند ئەندامێکی لە ئەنجومەنەکاندا هەبێ. لەم تاقیکردنەوەیەی سازاندا، دەشێ پرۆسەکە لە رێی هەڵبژاردنەوە بە ئەنجام بگات، بەڵام هەڵبژاردنەکە فاکتەری کێبرکێی لێ دادەماڵدرێ و هەروەها دەشێ پرۆسەکە لە بنەڕەتدا بە بێ هەڵبژاردن بەڕێوە بچێ.

لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ئاماژە بە هەردوو تێڕوانین کراوە. لەم رووەوە بڵاوکراوەی «ژیانی رێکخراوەییمان» کە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆییەو لەسەر ئاستێکی فراوان پەخش نەکراوە، لە بابەتێکی ژمارە ٧دا کە لە ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٨٢ دەرچووە، کادیرەکانی لە ناوەڕۆکی ئەو کۆبونەوەیە ئاگادار کردۆتەوە کە لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢دا لە پشتاشان لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەستراوەو لەم سەروبەندەدا چۆتە سەر نمایش کردنی راو بۆچونی شاندەکەی پارتی کۆمۆنیست کە لە عومەر عەلی شێخ، ئەحمەد بانیخێلانی و فاتیح رەسول پێکهاتبوو، لەمەڕ چەردەیەك بابەت، لەوانە بابەتی ئەنجومەنی ئاواییەکان.

بڵاوکراوەکە دەری خستووە کە کۆمۆنیستەکان پێیان وایە پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاوایی «بەو جۆرەی کە خەڵکی گوندەکان خۆیان بە بێ دەستێوەردانی حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ئەنجومەنەکانی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان هەڵبژێرن، بە کارێکی لیبرالی و خراپ دەزانن. ئەوان دەیانەوێ حزب و هێزەکان لە بەینی خۆیان قائیمەی ئیئتیلافی دابنێن کە لە دۆستانی ئەو حزبانە پێك بێ و ئەوانە ببنە شورای دێهات».

سەرەڕای کەموکوڕییەکان، ئەنجومەنەکان رۆڵیان هەبوو لە هۆشیاریی سیاسی و بانگەشەکردن بۆ کەلتووری هەڵبژاردن. نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان نوێنەرایەتیی گوندەکانیان دەکرد لەبەردەم دەزگاکانی شۆڕشدا و زۆربەی کاتیش کاریگەرییان لەسەر راو بۆچوونی هاووڵاتییانی خۆیان هەبوو، هەروەها رۆڵێکی گونجاویشیان لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزێکی ماددییان بۆ سەپاندنی بڕیارەکانیان نەبوو، سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەنجومەنەکان دەوەستایە سەر رادەی پێگەو قورسایی و رێزی ئەندامانی ئەنجومەن و رادەی گوێڕایەڵیی گوندنشینەکان. شکستی ئەزموونەکە لە هەندێ شوێن، زۆر جار پەیوەندیی بە کەمتەرخەمیی خودی ئەنجومەنەکانەوە هەبوو کە زۆر بە تەنگ رایی کردنی کاروباری گشتییەوە نەبوون.

گەورەترین کەموکوڕی لەم بارەیەوە ئەوە بوو کە پەیوەندییەکی ناڕۆشن لە نێوان ئەنجومەنی ئاواییەکان و دامەزراوەکانی شۆڕشدا هەبوو. هەروەها ئەنجومەنەکان هیچ پەیڕەوێکی ناوخۆیان نەبوو کە دەسەڵاتەکانیان دیاری بکاو شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامەکانیان و ژمارەیان و ماوەی دەستبەکاربوونیان روون بکاتەوە.

## پاشکۆ

## ئەنجومەنی ئاواییەکان تاقیکردنەوەیەکی نوێی دیموکراتییانەیە

## (وتار)

لەدایکبونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە زەمان و زەمینی دوای هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥، بایەخێکی مێژویی گەلێ مەزنی بە خۆیەوە گرت و بگرە بە رووداوێکی گرنگ و وەرچەرخانێکی مێژویی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دەژمێردرێ. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك بەری پێداویستییەکی مێژویی هاتە مەیدانی خەباتەوە. بە وردی و لەسەر بنچینەیەکی زانستی، دیراسەی کۆمەڵی فرە چینی کوردستانی کردو تاقیکردنەوە تفت

و تاڵەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانی بە درێژایی مێژوو ڕەچاو کرد. لە هەموشی گرنگتر تاقیکردنەوەی تاکە حزبی ڕەت کردەوە. بەم پێیە، جۆری پێکهاتن و هەیکەلی ڕێکخراوەیی خۆی لەسەر بنچینەیەکی دیموکراتییانە ڕێکخست و هەوڵی کۆکردنەوەی فراوانترین کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانی لە دەوری ئالاکەی دا.

لێرەدا وەك مەسەلەیەکی بەڵگەنەویست بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مەسەلەی دیموکراتیەتی بە پێویستییەکی خەبات زانیوەو هەوڵی بۆ داوە، لە ناو ریزەکانیدا پەیڕەویی سەرەتا مەبدەئییەکانی ناوەندێتیی دیموکراتیی کردووەو لە ساحەی کوردستانی عیراقیش هاوکاری و هاوخەباتیی لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکان کردووەو لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمانەوە شێوەی خەبات و هاوکاریی خۆی داڕشتووە.

دیارە مومارەسەی دیموکراتیەت لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەو پەروەردەکردنی کادیرو ئەندام و لایەنگیرەکانی، بە درێژایی حەوت ساڵی سەختترین خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەو هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو پەروەردەکردنی ڕاست و دروستی هەڤاڵەکانی، لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕەنگیان داوەتەوە.

بێگومان لەم هەلومەرجە نوێیەدا کە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان پێی ناوەتە قۆناغێکی گەلێ گرنگەوە، لە لایەك ڕادەی هۆشیاریی خەبات و تێکۆشان و چالاکیی پێشمەرگانە چۆتە ئاستێکی باڵاترو لە لایەکی تریشەوە بێزاری و دەنگی ناڕەزایی جەماوەر بە جۆرێك سەری هەڵداوە کە دوژمنی دوچاری مەترسییەکی گەورە کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەغدا لە باری ئابوری و سیاسییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ توشی شکست و تێکشکانی گەورەتر دێ. ئەم بارودۆخە زەمینەیەکی چاکی خۆش کردووەو کاتی ئەوەش هاتووە کە ئیتر جەماوەری گەلەکەمان دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنێ، ئەو جەماوەرەی کە بە هۆی باری نائارامی کوردستان و شێوازی دڕندانەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقەوە، بە هۆی سیاسەتی کوشتن و بڕینەوە لە هەموو ڕویەکی ژیانەوە بە دواکەوتویی ماوەتەوە. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە دێهاتەکانی کوردستان، لە ژێر باری دەسەڵاتی زوڵم و ستەمی چینە چەوسێنەرو ڕژێمە کۆنەپەرستەکاندا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەمیشە زوڵملێکراوو بەشخوراو بون و دور بون لە دەستی ئاوەدانی و لە بچوکترین مافی دیموکراتییانە بێبەش بون. بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم بارودۆخە مەوزوعییەدا کە بۆ گەلەکەمان ڕەخساوە، بە گەرمی هەوڵ دەدا کە جەماوەر فێری مومارەسەی دیموکراتییانە بکات بۆ ئەوەی بیرو لێکدانەوەی خۆیان بخەنە گەڕو بە چاوێکی مەوزوعییانەوە ڕاستیی ڕوداوەکان ببینن و فێری ئەوە ببن و لەو ڕاستییە بگەن کە خۆیان بەشێکی گەورەی ئەرکی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵیان دەکەوێتە ئەستۆو لە ئاستی گیروگرفتەکانیاندا دۆش دانامێنن.

بە ڕای ئێمە، باشترین ڕێگا بۆ دابین کردنی دەسەڵاتی خەڵکی لە بارودۆخی ئێستادا ئەنجومەنی دێهاتەکانە کە بەمە باشترین هەل بۆ فەرمانڕەوایەتیی خەڵك دەڕەخسێ. ئەم هەنگاوەش بە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە دەناسرێ و لە قازانج و ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی شۆڕش دایە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو ناوچانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە قارەمانەکانی دایە، بایەخی مومارەسەی دیموکراتییانەی لە چوارچێوەی ئەنجومەنی دێهاتەکاندا بۆ جەماوەر ڕون کردۆتەوەو بۆ دروست کردنی ئەنجومەنەکان هاوکاری و

پشتگیریی تەواوی کردن. مایەی شانازییە لەلایەن خەڵکی دێهاتەکانیشەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کراو ئەنجومەنەکانیان بەوپەڕی ئازادییەوە هەڵبژارد. هێزی پێشمەرگەی کوردستان زامنێکی گەورەی ئەو سەربەستییە بووە، دوور لە هەموو دەستێوەردانێك.

ئەم مەسەلەیە وەك تاقیکردنەوەیەکی نوێی دەسەڵاتی خەڵك، دیارە پێویستی بە ڕێنمایی و زیاتر رونکردنەوەی ئەهەمیەتی مێژوویی هەیە لەلایەن هەموو هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە. پێویستە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەورێکی کاریگەر بۆ سەرکەوتنی ئەم تاقیکردنەوەیە بگێڕێ، ئەویش بەوە دەبێ کە بە هیچ شێوەیەك دەست نەخاتە کاروبارو هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانەوە. دەبێ لە جاران زیاتر پشتگیریی ئەو ئەنجومەنانە بکا تا ئەنجومەنەکانیش بتوانن لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بن و لە کاتی پێویستیشدا دەبێ هەردەم ئامادەی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن بێ.

لێرەدا ئێمە بە ئەرکی هەموو حزب و لایەکی دەزانین کە روی راستەقینەی دیموکراتیەت بەرامبەر بەم تاقیکردنەوە مێژووییەو بۆ سەرکەوتنی ئەنجومەنی دێهاتەکان مومارەسە بکەن. هەر ئەمەشە ڕێگای خزمەت کردن بە جەماوەر. پێوانەیەکی باشیشە بۆ دڵسۆزی و بەتەنگەوە هاتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە ساڵەهای ساڵە لە ژێر باری چەوسانەوەو دواکەوتوییدا دەناڵێنن. بەلامانەوە پەسند نیە هیچ حزب و لایەنێك دەست بخاتە کاری ئەنجومەنی دێهاتەکانەوەو بە زۆر فەرزیان بکەن. لێ گەڕێن با خەڵکی سەربەست بن لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆیاندا. ئەمە نەك هەر خزمەتێکی نیشتمانییە بەڵکو ئەرکی سەر شانی هەموو لایەکیشەو هیچ جۆرە بڕو بیانویەکی نزمیی ئاستی هۆشیاریی جەماوەریش نابێتە ڕێگر، ئەگەر حزب و لایەنەکانی تر واجبی نیشتمانیی خۆیان لە ڕێنمایی و سەربەستی و دەستگرتن و رونکردنەوەی کاروباری ئەنجومەنی دێهاتەکاندا جێبەجێ بکەن.

ئێمە کاتێك ئەم راستییە رادەگەیەنین، جارێکی تریش بە دەنگی بەرز بەڵێن و هەڵوێستی مەبدەئییانەی خۆمان رون دەکەینەوەو هەمیشە پارێزەری سەربەخۆیی ئەو ئەنجومەنانە دەبین و زامنی هەڵبژاردنی ئازادو کاروبارەکانیان دەبین.

ئەی هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پێشمەرگە قارەمانەکان

پێویستە ئەرك و فەرمانەکانتان سەبارەت بە ئەنجومەنی دێهاتەکان لە ئاستی پێویستدا بێ، سەربەخۆییان بپارێزن، دەستیان بگرن و یارمەتییان بدەن، فێری مومارەسەی دیموکراتییانەیان بکەن. واتە دەسەڵاتی گەل و فەرمانڕەوایەتیی خەڵکی دێهاتەکان بچەسپێنن و ڕێز لە بڕیارەکانیان بگرن، گوێیان بۆ شل بکەن، بزانن رەخنەو پێشنیارو پێویستییەکانیان چین تا لەسەر ئەو بنچینەیە بینای هاوکاریی نێوان شۆڕش و کۆمەڵانی خەڵك بەرز بێتەوە. سەبارەت بەم مەسەلانەی خوارەوەش کە بەشێکی گرنگی کارەکانی ئەنجومەنی دێهاتەکانن، ڕێنماییان بکەن و رونکردنەوەیان بدەنێ:

١-دانانی شێوەیەکی راست و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و گیروگرفتەکانی رۆژانە، هەر لە شکاتەوە تا سزادان و لە کاتی سزاداندا هەر کەسێ سەرپێچیی کرد، پێویستە هێزی پێشمەرگە پشتگیریی ئەنجومەنی دێهات بکات و جێبەجێکەری بڕیارەکانی بێ.

٢-گرنگیدان بە زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و زامن کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پاراستنی لە نەخۆشی.

٣-ئاوەدان کردنەوەی دێهاتەکان لە روی کردنەوەو

چاککردنی مزگەوت و کانیاوەکان و دابەش کردنی ئاو بەسەر کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا وەك یەك و هەموو ئەو پێویستییانەی کە بەرژەوەندیی گشتییانەیان تێدایە وەك کردنەوەی ڕێگاوبان و چاککردنی بەست و بناوانەکان.

٤-مەسەلەی ژن و ژنخوازی کە بەشێکە لە گیروگرفتەکانی دێهاتەکانی کوردستان تا ئێستا هەر بە دواکەوتویی ماوەتەوەو چارەسەری ڕاست و دروستی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

٥-بایەخدان بە خوێندن و خوێندەواری و هاندانی دێهاتییەکان بۆ ئەم مەسەلەیە و چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەمیان.

٦-گرنگیدان بە لایەنی تەندروستی و پاك و خاوێنی، هەروەها سەلامەتی و ئاژەڵداری.

٧-یاریدەدانی هەژارو نەدارەکان کە ئەمەش پێویستە بایەخی زۆری پێ بدرێ و ئەنجومەنی دێهاتەکان شێوەیەکی شیاو بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزنەوە تا ئاستی ژیانی خەڵکی بێ دەرامەت باشتر بێت و کاریان بۆ بدۆزرێتەوە.

٨-دانانی نرخ بۆ ئەو بەرهەمانەی کە دێنە ناو دێ تا هەموو کەسێك بە بێ جیاوازی بیکڕێ و سودی لێ وەربگرێ.

٩-جێگا و نان و پێویستیی پێشمەرگە بەرەو روی ئەنجومەنی دێ بکرێتەوە نەك سەربەخۆ داوا لە خەڵکی بکرێ، بۆ ئەوەی هەم ئەنجومەن لەم بارەیەوە، بە ڕێکوپێکی و بێ کەموکوڕی، کارەکانی ئەنجام بدات و هەم بۆ ئەوەی دڵساردی و نیگەرانی روو نەدات.

ئەمەی سەرەوە بەشێکی گرنگی کارەکانی ئەنجومەنن و ئەرکی هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بەوپەڕی تواناوە یارمەتییان بدەن و پشتگیرییان بکەن. لە هەمان کاتدا پێویستە ئەنجومەنی دێهاتەکانیش لە جاران زیاتر هاوکاریی ئەو پێشمەرگانە بکەن کە هەموو بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆیان خستۆتە لاوە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و لە پێناوی رزگاری و ئاسودەیی کۆمەڵانی خەڵکی کورد شەو دەخەنە سەر رۆژو بە خوێنی ئاڵ و گەشیان پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی میللەتەکەمان دەکەن. هەر بەم هاوکارییەش خەباتی خەڵکی کوردستان پتەوتر دەبێت و هەموو پیلانەکانی دوژمنان تێك دەشکێن.

پێویستە ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە دەبێ جەماوەری خەڵك لە سایەی شۆڕشی نوێی دیموکراسیخوازی گەلەکەماندا بەرگریی تەواو لە بوون و چۆنێتیی ئەم دەستکەوتە بکەن. با هەموو لایەکیشمان بارودۆخی لەبارو گونجاو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان برەخسێنین و رەگی دیموکراتیەت و مومارەسەی شۆڕشگێڕانە قوڵ داکوتین.

سەرچاوە: ڕێبازی نوێ، خولی چوارەم، کانونی دووەمی ١٩٨٣، ل ١٠-١٥.

## ئەنجومەنی ناوەند

ئۆرگانێکی حزبییە زۆرتر ئەرکی چاودێری کردنی هەڵسوڕانی ئۆرگانەکانی لە ئەستۆ دایە. مێژوی بیرکردنەوە لە پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە بۆ ساڵی ٢٠٠٠ دەگەڕێتەوە، کاتێك ئەندامی مەکتەبی سیاسی دکتۆر فوئاد مەعسوم کەوتە بانگەشەکردن بۆ پێویستیی پێکهێنانی ئەنجومەنەکەو لەم رووەوە بۆچونەکانی خۆی دەربارەی ئەم بابەتە لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا خستە بەرچاوو لە ئۆرگانە حزبییەکاندا چەند کۆڕو سیمینارێکی بەست، تێیدا بانگەشەی بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکە وەك دەزگایەکی چاودێر کرد.

لە کۆبونەوەکانی پێش کۆنگرەی دووەم، رای سەرکردایەتی لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە پێشنیارەکە لە کۆنگرەدا تاوتوێ بکرێو پاشان بڕیاری لێ بدرێ. لە کۆنگرەی دووەمدا کەساڵی ٢٠٠١ لە سلێمانی بەسترا، پێشنیارەکە بە وردی تاوتوێ کرا بەڵام لەبەر تازەیی بیرۆکەکەو لە سۆنگەی ئەوەی کە هەندێ لە سەرکردەکان زۆر بە تەنگ پێکهێنانی ئەنجومەنەکەوە نەبون، کۆنگرە بڕیارێکی مامناوەنجیی لەبارەیەوە دا کە تێیدا نە پرۆژەکەی رەت کردەوەو نە پشتگیریی تەواویشی کردو لەم سەروبەندەدا بڕیار درا پرۆژەکە بە شێوەیەکی ئەزمونی کاری پێ بکرێو لە کۆنگرەی سێیەم چارەنوسی بە لایەکدا بخرێ. بەمجۆرە، بڕیار درا سکرتێری گشتی راسپێردرێ پاش کۆنگرە، ئەنجومەنەکە بە شێوەیەکی ئەزمونی پێك بێنێو ئەندامەکانی بەڕاوێژ لەگەڵ کۆمیتەی سەرکردایەتیدا دیاری بکرێن. ئەم چارەسەرە خرایە ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دووەمەوە کە لەدوا ماددەیدا بەمجۆرە باسی ئەنجومەنی ناوەند کراوە: ئەنجومەنی ناوەند «١-وەك ئەزمونێك کاری پێ دەکرێت تا لە کۆنگرەی سێیەم هەڵدەسەنگێنرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت، ٢- لە٦٠ تا ٨٠ هەڤاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکدێت کە لە لایەن سکرتێری گشتییەوە بەڕاوێژ لەگەڵ کۆمیتەی سەرکردایەتی دیاری دەکرێن».

هەرچەند پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دووەم هیچ پێناسەیەکی بۆ ئەنجومەنی ناوەند تێدا نیە، بەڵام دەسەڵاتەکانی بەجۆرێك دەستنیشان کردووە کە پێناسەکردنی ئاسان دەکا. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەنجومەنی ناوەند پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ سکرتێری گشتیدا دەبێو سکرتێرێکی بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی دەبێ بەڵام پەیڕەو ئەوەی رون نەکردبۆوە کەئایا ئەرکی دانانی سکرتێرەکە لەدەسەڵاتی سکرتێری گشتیدایە یاخود لە دەسەڵاتی خودی ئەنجومەنەکە دایە. بەپێی پەیڕەو، چاودێری کردنی ئۆرگانەکانو تاوتوێ کردنی راپۆرتی مەکتەبی سیاسی بۆ کۆبونەوەکانی ئەنجومەن و نیشاندانی رەزامەندی لەسەر کاندیدکردنی ئەندامانی مەکتەبەکان و تاوتوێ کردنی سکاڵاکانی ئەندامان، لە ئەرکەکانی ئەنجومەنی ناوەندن.

پاش کۆنگرەی دووەم، یەکەم هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوەند، بۆ ئەیلولی ٢٠٠١ دەگەڕێتەوە، کاتێك تاڵەبانی لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە قەڵاچوالان، مەسەلەکەی بزواندو رایگەیاند کە پاش کۆبونەوەکە پێداویستییەکانی پێکهێنانی ئەنجومەنەکە فەراهەم دەکا. لەم روەوە، پاش کۆبونەوەکە دەست بە راوێژ کرا و هەوڵ درا لیستێکی ناوی کاندیدەکان ئامادە بکرێ بەڵام بە هۆی سستیی هەنگاوەکانەوە هەوڵەکە هیچی لێ سەوز نەبوو. لە ساڵی ٢٠٠٢ بەدواوە، تاڵەبانیو سەرکردایەتیی یەکێتی سەرقاڵی هەوڵەکانی بەدی هێنانی گۆڕانی سیاسی بون لە عیراق، بەتایبەتی کە لەو قۆناغەدا جموجوڵێکی نێودەوڵەتیی هەستپێکراوو گەرمو گوڕ لەم روەوە لە ئارادا بوو. بۆیە مەسەلەی پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوەند بە هەڵپەسێردراوی مایەوە.

ساڵی ٢٠٠٩ لە پلینۆمی چوارەمدا کە لە سلێمانی بەسترا، مەسەلەی پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوەند وروژێنرایەوە و بڕیار درا ئەنجومەنەکە پاش پلینۆم پێك بهێنرێ.

لە٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ لە دووەم کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی پاش پلینۆم کە لە سلێمانی بەسەرپەرشتیی تاڵەبانی بەسترا، مەسەلەی پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوەند تاوتوێ کرا.

لە٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٩ مەکتەبی سیاسی پێکهاتەی ئەنجومەنەکەی تاوتوێ کردو وردبینیی لە

لیستێکی دورو درێژی کاندیدەکان کرد. لە کۆبونەوەی ٢٦ی کانونی یەکەمی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا کە بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو، ناوی کاندیدەکان ساغ کرایەوەو بە ڕەچاوکردنی ناوچەکانو تەمەن و رەگەزو بڕوانامەو پیشەو رابردوی سیاسی، هەشتا کەس بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانران، دە کەسیش وەك ئەندامی یەدەك دەستنیشان کران.

لەم خولەدا دەسەڵاتو ئەرکەکانی ئەنجومەن دیاری نەکرانو وا مامەڵە لەگەڵ ماوەی دەستبەکاربونی کرا کە ئەو ماوەیە لەگەڵ بەسترانی کۆنگرەی سێیەمدا کۆتایی دێ.

یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی ناوەند، لە ٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٠ لە هۆڵی شازاد سایب لە سلێمانی بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی بەستراو تێیدا تاڵەبانی لە وتاری کردنەوەی کۆبونەوەکەدا رایگەیاند کە ئەنجومەنی ناوەند دەتوانێت «وەك پەرلەمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» بێت. لەم کۆبونەوەیەدا لیژنەیەك لە حەوت ئەندام بۆ نوسینی بەرنامەی کاری ئەنجومەن پێك هێنرا. دەستەی سەرپەرشتیاری ئەم کۆبونەوەیە لە دکتۆر فوئاد مەعسومو جەمال حەکیم ئاغاو کافیە سلێمان عەبدوڵڵا پێکهاتبوو.

لە٩ی کانونی دووەمدا کۆبونەوەی دووەمی ئەنجومەن لە هەمان شوێن بەسەرۆکایەتیی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی عەدنان موفتی بەڕێوە چوو. لەم کۆبونەوەیەدا سامان گەرمیانی بە سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند و سابیر ئیسماعیل حەمەد مستەفا بە جێگری یەکەم و ئاڵا نوری تاڵەبانی بە جێگری دووەمو دکتۆر جوان ئیحسان بە بڕیاردەری ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردران. کۆبونەوەکە بۆ رایی کردنی کارەکانی، ئەم لیژنانەی پێك هێنا: کاروباری رێکخستن، شەهیدانو ئەنفالکراوان، پشکنینو لێکۆڵینەوەو بەدواداچونی سکاڵای ئەندامان، کاروباری رێکخراوەکان، داراییو ئیدارەی گشتی، راگەیاندنو روناکبیری، ئامارو هەڵبژاردن، پێشمەرگەو زیندانیانی سیاسیو کەم ئەندامان، مافی مرۆڤ، کۆمەڵایەتیو پەیوەندییەکان.

لە ئایاری ٢٠١٠دا لە ڕەوتی خۆئامادەکردندا بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم، ٣٥٤ ئەندام فۆرمی خۆکاندیدکردنیان بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی ناوەند پڕ کردەوە، لەوانە ٦٨ ژن. بەڵام دواتر هەندێکیان وازیان لە خۆکاندیدکردن هێناو بەهۆی ئەمەوە ژمارەی کاندیدەکان کەمی کرد.

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە لە ماوەی نێوان ١-١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٠دا بەستراوە، ١٠ ماددەی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ شێوەی پێکهێنانو ئەركو دەسەڵاتەکان و شێوەی بەڕێوەچونی کاروباری ئەنجومەنی ناوەند تەرخان کران. بەپێی ماددەی ٣٧ بڕیار درا ئەنجومەنی ناوەند لە ١٠١ ئەندام پێك بێ، لەوانە ٢٠ ئەندام لە لایەن سکرتێری گشتییەوە دیاری دەکرێنو هەروەها بڕیار درا ٢٠٪ی ئەندامەکانی ژن بن.

لە١٢ی حوزەیراندا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندا. کە هاوکات لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا لە دوایین رۆژی کۆنگرەی سێیەمدا بەڕێوە چوو، ٣٣٤ ئەندام لەسەر ٨١ کورسی پێشبڕکێیان کرد.

بەپێ ماددەی ٣٧ی پەیڕەوی ناوخۆ، ٨١ ئەندام لە کۆنگرەی سێیەم بۆ ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرانو پاش کۆنگرە ٢٠ ئەندامی تر بەپێی هەمان ماددە لە لایەن سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرانە ئەندامی ئەنجومەن.

لە١ی تەموزی ٢٠١٠دا یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی ناوەند لە هۆڵی شازاد سایب لە بارەگای

مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی، بە سەرپەرشتیی جێگری سکرتێری گشتی کۆسرەت رەسوڵ عەلیو لێپرسراوی دەستەی کارگێڕ مەلا بەختیارو هەردوو ئەندامی دەستەی کارگێڕ عومەر فەتاحو قادر حەمە جان، بەڕێوە چوو. لەم کۆبونەوەیەدا بەکر حاجی سەفەر وەك بەتەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند سەرۆکایەتیی کۆبونەوەکەی کردو لیژنەیەك بۆ بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکە لە رۆژان حەمە ڕەش و شەرمین خۆشناوو بەختیار شاوەیس و رەهێڵ عەلی قادرو لەتیف نێروەیی پێك هات.

لە١٨ی ئابی ٢٠١٠ پرۆسەی هەڵبژاردنی سکرتێرو جێگرانی سکرتێرو بڕیاردەری ئەنجومەن بەڕێوە چوو. لە پرۆسەیەکدا کە ٩٠ ئەندام لە سەرجەمی ١٠١ ئەندام بەشداریی تێدا کرد، بەکر حاجی سەفەر کە تاکە کاندید بوو، بە بەدەستهێنانی زۆرینەی ٦٤ دەنگ، بۆ پۆستی سکرتێری ئەنجومەن هەڵبژێردرا. لە سەرجەمی ٨ کاندید بۆ جێگرانی سکرتێر، زرار جۆلا لە سەروبەندی بەدەست هێنانی ٤٥ دەنگو برایم جەلال لە سەروبەندی بەدەست هێنانی ٤٤ دەنگ بە جێگرانی سکرتێر هەڵبژێردران. شەش کاندیدەکەی تر ئەمانەن: ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر ناسراو بە مەلا شاخی و لەتیف حاجی فەرەج و ئارام قادر خەبات و خەلیل محەمەد عارف و عوسمان کانی پانکەییو کەلسوم کەریم دەنگی کەمتریان هێنا. هەروەها لە سەرجەمی ٣ کاندید بۆ پۆستی بڕیاردەر، ئازاد وەرتی لەسەروبەندی بەدەست هێنانی ٤٢ دەنگ بە بڕیاردەری ئەنجومەن هەڵبژێردرا. دوو کاندیدەکەی تر کە هەر یەک لەدکتۆر بەختیار جەبار شاوەیس و رەهێڵ عەلی قادر دەنگی کەمتریان هێنا.

لە٣ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ دا گۆڕانکاری بەسەر سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەندا هات. لە هەڵبژاردنێکدا کە لەو رۆژەدا بەڕێوە چوو، عادل موراد بە سکرتێری ئەنجومەن هەڵبژێردراو هەروەها زوبێر عوسمان بە جێگری یەکەم و چێنەر عەلی جۆلا بە جێگری دووەم و دکتۆر بەختیار جەبار شاوەیس بە بڕیاردەر هەڵبژێردران.

لە خولی دووەمدا ئەنجومەنی ناوەند بەپێی دەسەڵاتەکانی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری کراون، رۆڵی چاودێری کردنی ئیشوکاری ئۆرگانەکانی گێڕاو لە ڕێگەی چوار کۆمیسیۆنەوە ئەرکەکانی خۆی بە شێوەیەکی سیستماتیك بەڕێوە برد. هەڵسوڕانی ئەنجومەن لە خولی دووەمدا بە بەراورد لەگەڵ خولی یەکەمدا ئەکتیڤترو رێکوپێکتر بووەو لە ساڵی ٢٠١٢ بەدواوە هەڵسوڕانی ئەنجومەن رەنگدانەوەی زۆرتری لەسەر رەوشی ناوخۆی یەکێتیو ژیانی سیاسیی هەرێم هەبووە.

لە٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٤دا ئەنجومەنی ناوەند لە کۆبونەوەیەکدا کە لە هۆڵی شازاد سایب بەسترا، پشتیوانیی لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی کرد سەبارەت بە دواخستنی بەستنی کۆنگرەی چوارەم. لە مانگی شوباتیش هەوڵەکانی خۆی بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ ناکۆکییەکانی ناو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی چڕ کردەوە.

لە شوباتی ٢٠١٨ دا ئەنجومەنی ناوەند بەپێی ماددەی ٤٦ی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئەرکی ئامادەکردنی پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی حزبی بە ئەنجومەن سپاردووە، پڕۆژەیەکی ناوخۆی تازەی ئامادە کرد.

لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٨ دا سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند عادل موراد پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، لە شاری کۆلن لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد. ئەمەش بۆشاییەکی گەورەی لە ئەنجومەن دروست کرد. لەم سەروبەندەدا گفتوگۆیەکی زۆر

سەبارەت بە هەڵبژاردنی سکرتێرێکی تر یان بەردەوام بونی سکرتاریەتی پێشوو هاتە ئاراوە. لە کۆتاییدا ئەنجومەنی ناوەند کۆتایی بە گفتوگۆکە هێناو لە ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ دا لە کۆبونەوەی ژمارە ٨٤ی خولی دووەمدا، بە دەنگی ٧١ ئەندام لە سەرجەمی ٧٤ ئەندامی ئامادەبوی کۆبونەوەکە، بڕیار درا سکرتاریەتی ئەنجومەن تا بەستنی کۆنگرەی چوارەم بە تەواوی دەسەڵاتەکانی سکرتێری ئەنجومەن بەردەوام بێ.

## پاشکۆی ژمارە ١

### لیستی ئەندامانی خولی یەکەم

١-جەمال حەکیم ئاغا.
٢-عەبدوڵڵا عومەر.
٣-بەکر حاجی سەفەر غولام.
٤-عەبدولکەریم حاجی.
٥-دارا شێخ جەلال حەفید.
٦-حەمەی فەرەج قالەسور.
٧-ئاوات عەبدولغەفور حسێن.
٨-محەمەد سەرگەڵویی.
٩-کافیە سلێمان عەبدوڵڵا.
١٠-جوان ئیحسان فەوزی.
١١-روناک شێخ جەناب.
١٢-پەخشان شێخ جەلال.
١٣-کەلسوم کەریم حسێن.
١٤-تەلار لەتیف محەمەد.
١٥-ئەمیرە محەمەد.
١٦-ئارام شەوکەت موشیر.
١٧-سۆران جەمال تاهیر.
١٨-سۆران شەهاب نوری.
١٩-جەمیل هەورامی.
٢٠-وریا سەعاتچی.
٢١-نەوشیروان فوئاد مەستی.
٢٢-فەلاح محەمەد عەلی ئەحمەد.
٢٣-محەمەد ئەحمەد محەمەد حەسەن ناسراو بە هاوڕێ سوارە.
٢٤-محەمەد محەمەد سەعید ئەحمەد ناسراو بە شاهۆ.
٢٥-شوان موغاغی.
٢٦-نوخشە فەتاح نوری حەمە.
٢٧-برایم جەلال.
٢٨-بێگەرد تاڵەبانی.
٢٩-مامەند رەسول مامەند.
٣٠-کارزان موحسین بایز.
٣١-عەبدوڵڵا موسلیح حەمە ئەمین ناسراو بە عەبدوڵڵا بۆر.
٣٢-وسو برایم رەسول ناسراو بە مەلا ئاری.
٣٣-فارس محەمەد سادق.
٣٤-عەلی حەویز.
٣٥-عەلی حەمە ساڵح.
٣٦-چەتۆ حەوێزی.
٣٧-عەباس محەمەد ناسراو بە حاجی مەمۆ.
٣٨-فاروق جەمیل سادق.
٣٩-قادر محەمەد ئەحمەد.
٤٠-هالە سوهێل وادی.
٤١-ئەردەڵان محەمەد ئیسماعیل.
٤٢-هەژار حەسەن کوێستانی.
٤٣-سابیر ئیسماعیل حەمەد ناسراو بە حاکم سابیر.
٤٣-سەباح رەشید قادر.
٤٥-ئارێز عەبدوڵڵا.
٤٦-زرار جوڵا.
٤٧-فوئاد چەلەبی.

٤٨-فەرهاد کاوانی.
٤٩-جەمیل عیسا کەریم ئیسحاق.
٥٠-غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود.
٥١-هیوا حەمید عەبدوڵڵا.
٥٢-سەیفەددین عەلی ئەحمەد.
٥٣-عەلی بچکۆل.
٥٤-ئاڵا نوری تاڵەبانی.
٥٥-پۆڵا فەیسەل رەشید تاڵەبانی.
٥٦-سەرکەوت حەمە غەفور ئەحمەد.
٥٧-سیروان کوێخا نەجم.
٥٨-ئیکرام عەلی ئەحمەد.
٥٩-ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر ناسراو بە مەلا شاخی.
٦٠-رەنج عەبدولحەمید محەمەد.
٦١-رەمەزان رەشید کەرکوکی.
٦٢-شەریف کەچەڵ لاسۆ شێخانی.
٦٣-دڵدار مەجید ئامێدی.
٦٤-هەڤاڵ بابە شێخ.
٦٥-مستەفا خوخی.
٦٦-عەبدولسەلام حەمید عەلی ئەمین ناسراو بە سیار بامەڕنی.
٦٧-حسێن جەنبەلی.
٦٨-دیار ئاکرەیی.
٦٩-حەیدەر قاسم شەشۆ.
٧٠-عادل ناسر.
٧١-محەمەد شاکەلی.
٧٢-شیروان شیرەوەندی.
٧٣-تابان عەبدوڵڵا.
٧-عەدنان محەمەد قادر ناسراو بە عەدنان حەمەی مینا.
٧٥-سامان گەرمیانی.
٧٦-کامەران باجەڵان.
٧٧-میقداد بەهادین.
٧٨-باوە حەمید باوە رەشید.
٧٩-عەبدولرەزاق عەزیز میرزا.
٨٠-جنان قاسم عەلی.

ئەندامە یەدەکەکان:

١-ئیلهام سەبری.
٢-خوناو عوسمان.
٣-تایەر گۆمەشینی.
٤-نیاز دەرگەڵەیی.
٥-عەبدوڵڵا عیزەددین شاسوار ناسراو بە عەبدوڵڵا سیاسی.
٦-ئەحمەد زرار.
٧-بێستون سابوراوایی.
٨-فەرەیدون دارتاش.
٩-سدقی ئیسماعیل.
١٠-بێستون عومەر.

ئەم لیستە کە لە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاوکراوەتەوە، دواتر هەندێ گۆڕانی بەسەردا هات. لیستی ئەندامانی خولی یەکەم پێش بەستنی کۆنگرەی سێیەم لەساڵی ٢٠١٠ چەند ناوێکی تێدا نیە کە ئەمانەن: محەمەد سەرگەڵویی، کافیە سلێمان عەبدوڵڵا، نەوشیروان فوئاد مەستی، بێگەرد تاڵەبانی، ئاریێز عەبدوڵڵا، محەمەد شاکەلی، شیروان شیرەوەندی، کامەران باجەڵان، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا، ئەحمەد زرار، سدقی ئیسماعیلو بێستون عومەر. هەروەها چەند ناوێکی تازە لە لیستەکە دان کەئەمانەن: عەبدولقادر محەمەد عومەر، سەلام عەزیز محەمەد ئەمین، شۆڕش عەلی عەسکەریو برایم حسێن عەبدوڵڵا ناسراو بە حاکم برایم.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

### ئەندامانی خولی دووەمی ئەنجومەنی ناوەند

یەکەم- ئەندامانی هەڵبژێردراو:
١-دکتۆر فوئاد مەعسوم.
٢-لاهور شێخ جەنگی.
٣-ساڵح عوسمان.
٤-ڤیان سەید کەریم.
٥-ئاکۆ شوانی.
٦-چرا عومەر سابیر.
٧-رۆژان حەمەڕەش.
٨-عەلی بچکۆل.
٩-برایم حسێن عەبدوڵڵا.
١٠-بەکر حاجی سەفەر.
١١-ئاسۆ شێخ نوری.
١٢-سۆران جەمال تایەر.
١٣-ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر (مەلا شاخی).
١٤-لەتیف نێروەیی.
١٥-شۆڕش عەلی عەسکەری.
١٦-شینوشاد تایەر یەعقوب ساڵح.
١٧-یاسین سابیر حەسەن.
١٨-دارا جەلال حەفید.
١٩-شەرمین حەمەد بایز خۆشناو.
٢٠-عوسمان کانی پانکەیی.
٢١-دکتۆر بەختیار شاوەیس.
٢٢-برایم جەلال.
٢٣-گوڵاڵە عەزیز میرزا کەریم.
٢٤-محەمەد عەبدولقادر هەڵەدنی.
٢٥-ئازاد وەرتی.
٢٦-ئاوات عەبدولغەفور.
٢٧-خەبات شێخ جەناب.
٢٨-زرار جوڵا.
٢٩-جەلال عەلی ئاغا.
٣٠-سەرکەوت حەمە غەفور ئاغجەلەری.
٣١-نازم نەجم ئەحمەد کەرکوکی.
٣٢-کەلسوم کەریم حسێن.
٣٣-قارەمان شینە.
٣٤-دکتۆر محەمەد سابیر.
٣٥-دیار موفتی.
٣٦-شەرمن محەمەد کەریم شەریف.
٣٧-سامان محەمەد ئەمین.
٣٨-وریا براخاس هاواری.
٣٩-سەلام کوێخا عەزیز.
٤٠-محەمەد ئەمین چەمچەماڵی.
٤١-نوخشە ناسیح.
٤٢-ئەحمەد عەبدوڵڵا عەسکەری.
٤٣-عوسمان سێدەری.
٤٤-تاهیر عوسمان گۆمەشینی.
٤٥-زوبێر عوسمان.
٤٦-رازاو مەحمود فەرەج.
٤٧-رەمەزان دێکۆنی.
٤٨-جەزا سەید مەجید.
٤٩-لەیلا عومەر عەلی.
٥٠-ئەحمەد رەسوڵ عەلی.
٥١-حەمە هەژار.
٥٢-جوتیار نوری عەبدوڵڵا.
٥٣-دکتۆر وەلی مەحمود حەمەد.
٥٤- سمکۆ قادر نەبی بڵباس.
٥٥-سالار لالە سەرحەد.
٥٦-جەمال عوسمان مەعروف تاڵەبانی.
٥٧-سابیر حەمە ساڵح.
٥٨-عەتا سەراوی.
٥٩-ئەحمەد زرار.
٦٠-ئارام قادر خەبات.
٦١-خەلیل محەمەد عارف.
٦٢-قادر ئەحمەد ئیسماعیل.
٦٣-نیاز دەرگەڵەیی.

٦٤-دلێر قادر.
٦٥-کوردۆ عەزیز بەگ.
٦٦-لوقمان هادی شێرە.
٦٧-ئەبوبەکر عوسمان.
٦٨-فریال عەبدوڵڵا.
٦٩-عەلی عەبدوڵڵا.
٧٠-جوانە ئەحمەد حسێن.
٧١-محەمەد عەزیز شەهاب.
٧٢-بێریڤان عەبدوڵڵا.
٧٣-ئەحمەد حاجی غالی.
٧٤-رەهێڵ عەلی قادر.
٧٥-مەحبوبە فەتاح عەبدوڵڵا.
٧٦-چرا ئەحمەد لەتیف.
٧٧-پەخشان جەلال حەفید.
٧٨-لەیلا محەمەد غەریب.
٧٩-دلێر حەمەد کەریم رەمەزان.
٨٠-ئەبوزێد سالح مستەفا.
٨١-لەتیف حاجی فەرەج.

دووەم- ئەندامانی دانراو:

١-عادل موراد.
٢-چێنەر عەلی ئەحمەد جوڵا.
٣-ئەرسەلان حەسەن عەبدولرەحمان.
٤-ئەڵماس فازل کەمال.
٥-ئیدریس حەمە فەرەج.
٦-بەیان ئەحمەد محەمەد قادر.
٧-بەختیار عەبدولرەحمان ئەحمەد.
٨-تریفە نادر حەمە قادر.
٩-جەمیل عیسا کەریم.
١٠-حەیدەر قاسم شەشۆ.
١١-خەمینە ساڵح ئەحمەد ئەمین.
١٢-رەمزی فەیسەڵ عوسمان هەرکی.
١٣-شوان عوسمان.
١٤-تەلعەت محەمەد سالح.
١٥-عەبدولکەریم حەمبور بەرغەش عەزیز.
١٦-عیسمەت حاجی ئیسلام نێروەیی.
١٧-فاروق عەلی مەولود حەمەد.
١٨-قادر محەمەد مستەفا.
١٩-محەمەد حەمە رەشید عەزیز.
٢٠-تەلعەت عەبدوڵڵا بۆر.

سێیەم-ئەندامە یەدەکەکان کە شوێنە بەتاڵەکانیان پڕ کردۆتەوە:

١-ئازاد حسێن محەمەد گەلاڵی.
٢-شەکەر مەجید عەلی.
٣-یەڵدا پۆلس سلێوە یوسف.
٤-عەبدولقادر حەمە ئەمین محەمەد.
٥-قادر ساڵح رەزا.
٦-مەغدید قادر رەسول.
٧-پشتیوان فەتاح قادر.
٨-قادر محەمەد مستەفا.

## پاشکۆی ژمارە (٣)

## ئەو ماددانەی پەیڕەوی ناوخۆ کە تایبەتن به ئەنجومەنی ناوەند

### ماددەی ٣٧: پێکهاتەی ئەنجومەن

١-ئەنجومەنی ناوەند پێکدێت لە (١٠١)ئەندام، کە (٨١) ئەندامیان بە هەڵبژاردن دەبێت و (٢٠) ئەندامیان لە لایەن سکرتێری گشتییەوە دیاری دەکرێن، بە ڕەچاوکردنی ناوچە جیاجیاکانو پێوانەکان کەسایەتیو پسپۆڕیو شارەزاییە جیاوازەکان.

٢-نابێت رێژەی ژنان لە ئەنجومەنی ناوەندا

له(٢٠٪) کەمتر بێت.

**٣-**ئەنجومەنی ناوەند لە نێو ئەندامەکانیدا سکرتێرێکو دوو جێگر و بڕیاردەرێك هەڵدەبژێرێت.

**٤-**نابێت تەمەنی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند لە چل ساڵ کەمتر بێت.

**٥-**نابێت تەمەنی ئەندامانی ناوەند لە (٢٥)ساڵ کەمتر بێت.

**٦-**نابێت سکرتێرو ئەندامانی سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەند هیچ پۆستێکی تریان هەبێت.

**٧-**نابێت ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند لە هیچ ئۆرگانو دەزگایەکی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرپرسیارێتییان هەبێت یان کار بکەن.

**ماددەی ٣٨:**

سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند پەیوەندیی ئۆرگانیی راستەوخۆی لەگەڵ سکرتێری گشتیدا دەبێت و لەسەر داوای سکرتێری گشتی و لە کاتی پێویستدا دەتوانێت بەشداریی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بکات.

ماددەی **٣٩:** ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ناوەند:

**١-**ئەرکی چاودێرکردنی هەڵسوڕانی ئیشو کاری ئۆرگانەکانو دەرکردنی رێسای تایبەت بۆ چۆنیەتیی رێکخستنی کاروبارەکانی لە ئەستۆ دایە.

**٢-**پەیرەوی کار بۆ خۆی دادەنێت.

**٣-**هیچ ئەندامێك بەبێ رەزامەندیی ئەنجومەنی ناوەند نابێت بە ئەندامی مەکتەب.

**٤-**بەزۆرینەی دەنگ، دەتوانێت لە کاتی پێویستدا هەر ئەندامی مەکتەبێك هەڵپەسێرێت یان لەکار بخات.

**٥-**بۆی هەیە بەنوسراو داوای روونکردنەوە لەسەر هەر مەسەلەیەك لەهەر ئۆرگانێك بکاتو هەروەها لە چوارچێوەی ئۆرگانەکانیدا بۆی هەیە نوێنەر بۆ هەر ئۆرگانێك بنێرێت.

**٦-**لەسەر داوای **٣/٢**ی ئەندامەکانی لێپرسراوی هەر ئۆرگانێك بۆ پرسیار لێکردن و لێپێچینەوە بانگهێشت دەکات.

**٧-**ئەو رێککەوتنە گرنگانەی کە پەیوەندییان بە مەسەلە نەتەوەییە چارەنوسسازەکانو بەرژەوەندیی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو هاوپەیمانییەتیی هەڵبژاردنەوە هەیە، کەکۆمیتەی سەرکردایەتی بە شێوەیەکی سەرەتایی ئیمزایان دەکات، پاش رەزامەندیی **٣/٢**ی ئەنجومەنی ناوەند کاریان پێ دەکرێت.

**٨-**پەسەندکردنی لیستی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان و ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانیو ئەنجومەنە خۆجێییەکان.

**٩-**پەسەند کردنی پەیرەوی کاری مەکتەب و دەزگاکان.

**ماددەی٤٠:**

هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی ناوەند، لە چوارچێوەی پەیرەوی کاری ئەنجومەندا ئازادیی تەواوی رادەربڕینی هەیەو لە سۆنگەی راو بۆچونەکانییەوە هیچ لێپرسراوەتییەکی لە ناو ئەنجومەن ناکەوێتە سەرشان.

**ماددەی ٤١:**

**١-**لە کاتی پێشێلکردنی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پەیرەوی کاری ئەنجومەنی ناوەند، لە لایەن سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەت و هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی ناوەندەوە، بە زۆرینەی دەنگی **٣/٢**ی ئەندامانی ئەنجومەن ئەندامێتیی لە ئەنجومەندا هەڵدەپەسێردرێت.

**٢-**لە کاتی پەیدابوونی بۆشایی لە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند، بە زۆرینەی دەنگ لەو کەسانەی لە کۆنگرەدا دەنگیان هێناوە شوێنەکان پڕ دەکەنەوە.

**ماددەی ٤٢:**

ئەم کۆمسیۆنانەی خوارەوە، سەر بە ئەنجومەنی ناوەند دەبن و راپۆرتی وەرزییان دەبێت:

١-کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ.

٢-کۆمسیۆنی دەستپاکی.

٣-کۆمسیۆنی سکالاو لێکۆڵینەوە.

٤-کۆمسیۆنی پەیڕەوی ناوخۆ.

٥-ئەنجومەنی ناوەند بۆی هەیە بەپێی پێویست کۆمسیۆنی پسپۆر دابمەزرێنێت.

**ماددە ٤٣:**

کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ پێکدێت لە (٥ تا ٧) ئەندام و ئەرکی چاودێریکردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە نێو ئۆرگانەکاندا دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی ٤٤:**

کۆمسیۆنی دەستپاکی پێکدێت لە (٥ تا ٧) ئەندام و ئەرکی چاودێریی خراپ بەکارهێنانی پۆستەکان بۆ بەرژەوەندیی تایبەت دەگرێتە ئەستۆو سوود لە ڕاپۆرتەکانی چاودێریو داراییو لیژنەی لێکۆڵینەوەکان وەردەگرێت.

**ماددەی ٤٥:**

کۆمسیۆنی سکالاو لێکۆڵینەوە پێکدێت لە سێ ئەندامی یاسایی شارەزاو ئەرکی بریتی دەبێت لە:

١-یەکلاکردنەوەو بڕیاردان لە کێشەو سکالاکانی ئەندامان.

٢-لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەو کێشانەی کە کۆمیتەی سەرکردایەتی، یان ئەنجومەنی ناوەند، یان، مەکتەب و دەزگاکان بۆی بەرز دەکەنەوە.

**ماددە ٤٦:**

کۆمسیۆنی پەیڕەوی ناوخۆ پێکدێت لە پێنج ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندو ئەرکی بریتی دەبێت لە:

١-چاودێریکردنی رادەی گونجانی بڕیارو ڕێسا پەیڕەوکراوەکان لەگەڵ ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

٢-شیکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ دەگرێتە ئەستۆ.

٣-نوسینەوەی رەشنوسی پەیڕەوی ناوخۆی پێشنیارکراو بۆ کۆنگرەی داهاتوو.

٤-چاوێری کردنی رەوشی کاروباری ئۆرگانەکانو بەدواداچوونی ئیشو کارەکانیانو لێکۆڵینەوە لە کەموکورتییەکانیان.

## پاشکۆی ژمارە ٤

### سەروتاری گۆڤاری «نۆڤین» دەربارەی دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوەند

دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوەند یەکێکە لە بڕیارەکانی دووەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٠١ لە سلێمانی بەسترا و لە پەیڕەوی ناوخۆش وەك یەکێك لە ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاماژەی پێ دراوە. بەڵام بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنەکە نەخرایە بواری جێبەجێ کردنەوە. لێرەدا نامانەوێ قسە لەسەر هۆکارەکانی ئەو جێبەجێ نەکردنە بکەین، چونکە ئەمە بابەتێکە لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە بە شێوەیەکی سەرپێیی ئاماژەیەکی خێرای پێ بدەین، بەڵکو ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەم ئەنجومەنە دامەزراوەو دامەزراندنەکە لە چوارەمین پلینۆمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە رۆژانی ٢٩-٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ دا لە سلێمانی بەسترا، بڕیاری لێ درا.

ئەگەرچی دواخستنی ئەنجومەنەکە لە حەوت ساڵی رابردوو مایەی گازندەو رەخنەیە، بەڵام مادام ئێستا دامەزراوە، دەکرێ ئەو گوڕو تینەی

که لێی چاوەڕوان دەکرێ، لە لایەن سەرجەم ستافی ئەنجومەنەکەوە ببێ بە داینەمۆیەك بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نەبونی ئەنجومەنەکە لە ساڵانی رابردودا. بێگومان ئەمەش تەنها بە کارایی ئەنجومەنەکە کاریگەریی لەسەر ئۆرگانە جیا جیاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر زەمینەی واقیع کە زەمینەیەکی پڕ کێشەو گرفتە، دێتە دی.

ئەرکەکانی ئەنجومەنی ناوەند، ئەگەر ئەندامانی ستافی ئەنجومەنەکە مەبەستیان بێت بە گورجی و لێبڕاوانە کار بکەن (کە هەر واشیان لێ چاوەڕوان دەکرێت) ئەرکی قورس و زۆرن. ئەنجومەن دەتوانێ لەو چەند مانگەی لەبەر دەستی دان، واتە لە دامەزراندنییەوە تا بەستنی کۆنگرە، ناوەڕۆکێکی باش بە ناوی ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکە ببەخشێت کە لە ئاستی ئەوەدا بێت ئەنجومەنێکی ناوەندیی چاودێر بێت بەسەر ئۆرگانە جیا جیاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە.

ئەگەرچی جۆرە لێکچونێك لە نێوان ئەرکەکانی سەر شانی هەر یەك لە مەکتەبی چاودێری و پشکنین و دەستەی نەزاهەو لێپێچینەوەو دەستەی چاودێریی دارایی و ئەنجومەنی ناوەندا هەیە، بەڵام ئەم لێکچونە، ئەنجومەنی ناوەند لە رێگای دانانی بەرنامەیەکی کاری چڕوپڕو واقیعییەوە، دەتوانێ کارایی خۆی لە نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ماوەی ئەو چەند مانگە دیاریکراوەدا بسەلمێنێت، بەتایبەتی کە ئەنجومەنەکە لە لایەن خودی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەردوو جێگرەکەی و مەکتەبی سیاسییەوە پشتیوانییەکی بەهێزی لێ دەکرێ.

سەرچاوە: گۆڤاری نۆڤین، ژمارە ١٦، ٢٠١٠، ل ٧-٨.


تێبینی: سەروتارەکە حەسەن یاسین نوسیویەتی.

## ئەنکەرە (رێککەوتننامە)

رێککەوتننامەیەکە لە٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦، بە بەشداریو ناوبژیوانیی نوێنەرانی ئەمریکاو بریتانیاو تورکیا، لەئەنکەرەی پایتەختی تورکیا، لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستاندا واژۆ کراوە. ئەم رێککەوتننامەیە یەکەم رێککەوتننامەیە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان پاش روداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کە تێیدا هێزەکانی سوپای عیراقو هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرشێکی هاوبەشیان کردە سەر هەولێرو توانییان دەستی بەسەردا بگرنو هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ دەرکەن، بۆیە ناوەڕۆکی رێککەوتننامەکە کاریگەریی روداوەکانی ٣١ی ئابی بە زەقی پێوە دیارە.

رێککەوتننامەکە لە چوار چاپتەرو ٢٢ ماددە پێکدێ. لە ماددە بەراییەکاندا باس لە چەسپاندنی ئاگربڕی نێوان هەردوو حزب دەکاو جەخت دەکاتە سەر یەکپارچەیی خاکی عیراقو بەهەند وەرگرتنی پێداویستییە ئەمنییەکانی تورکیا. هەروەها لە رێککەوتننامەکەدا هەردولا لەسەر ئەوە رێککەوتون کە لە دژی یەکتری پشت بە هێزی بیانی نەبەستن. رێککەوتننامەکە بڕیاری لەسەر پێکهێنانی هێزێکی ئاشتی پارێز داوە کە لە تورکمانو ئاشورییەکان پێکدێو ئەفسەرانی تورك سەرکردایەتیی دەکەن، سەرباری ئەوەی کە رێککەوتننامەکە هەردولای هانداوە لە بواری کاروباری مرۆییو خزمەتگوزارییەکاندا هاوکاریی یەکتری بکەن.

رێککەوتننامەکە جەختی کردۆتە سەر راگرتنی شەڕی راگەیاندنو ئازادکردنی دیلو گیراوەکان و بڕیاری داوە حکومەتێکی کاتی لە هەردوو حزب پێك



بهێنرێ، داهاتی گومرگەکان بە شێوەیەکی گونجاو دابەش بکرێ‌و زەمینە بۆ سازکردنی هەڵبژاردنێکی گشتی فەراهەم بکرێ، هەروەها ئەوەی بەسەر هەردوولا سەپاندووە کە پەکەکە بە حزبێکی تیرۆریست بدەنە قەڵەم‌و هاوکاریی نەکەن.

دەقی رێککەوتننامەکە لە٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦دا لە ئەنکەرە لە لایەن رۆبەرت پیلیترۆی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە بە زمانی ئینگلیزی‌و لە لایەن ئونور ئۆیمەنی بریکاری وەزیری دەرەوەی تورکیاوە بە زمانی تورکی خوێندرایەوە، پاشان سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی بریتانیا لە ئەنکەرە فرانك بێکەر پشتگیریی هەر ٢٢ ماددەی رێککەوتننامەکەی کرد. دواتر نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان محەمەد تۆفیق رەحیم و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان سامی عەبدولڕەحمان هەر یەکەیان پشتگیریی حزبەکەی خۆی لە ڕێککەوتننامەکە راگەیاند.

بەڵام رۆژی دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا پەشیمانبونەوەی خۆی لە ڕێککەوتننامەکە راگەیاندو لە سەرجەمی ٢٢ ماددەی رێککەوتننامەکە تەنها شەش ماددەی پەسند کرد کە تایبەت بە ئاگربڕ و راگرتنی شەڕ راگەیاندن و لێك جیاکردنەوەی هێزەکان بون و مەسەلە سەرەکییەکانی تایبەت بە پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش‌و دابەش کردنی داهاتی گومرگەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی رەت کردەوە.

بڕیار بوو کۆبونەوەی دووەمی شاندی یەکێتیی نیشتمانی‌و پارتی دیموکرات لە ئەنکەرە لە ٧ی تشرینی یەکەم ئەنجام بدرێ بەڵام کۆبونەوەکە لەبەر ئامادە نەبونی شاندی پارتی خرایە ١١ی مانگەوە. دواتر، دیسان لەبەر نەگەیشتنی شاندەکە، کۆبونەوەکە خرایە رۆژی ١٥ی مانگەوە.

لە١٥ی تشرینی یەکەمدا کۆبونەوەی دووەم بەسترا. شاندی پارتی دیموکرات هیچ لێپرسراوێکی بڕیار

بەدەستی تێدا نەبوو. شاندی پارتی بە سەرۆکایەتیی حەمەد ساڵح جومعە بەشداریی لە کۆبونەوەکەدا کرد کە هیچ لێپرسراوەتییەکی باڵای لە پارتیدا نەبوو. بۆیە کۆبونەوەکە شتێکی ئەوتۆی لێ بەدی نەهات. لە کۆتاییدا بەیاننامەیەکی لێ کەوتەوە کە تێیدا جەخت کرایەوە سەر ڕێککەوتننامەکە. ڕادیۆی «دەنگی کوردستان» لە بەرنامەکانی ئەو ڕۆژەدا بە هیچ شێوەیەك باسی کۆبونەوەکەی نەکرد.

لە١٤و ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٩٧دا کۆبونەوەی سێیەمی نوێنەرانی تورکیاو ئەمریکاو بریتانیا لەگەڵ شاندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانو بەرەی تورکمانی لە ئەنکەرە بەڕێوە چوو کە تێیدا یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات لەسەر ڕاگرتنی شاڵاوی دەرکردنی لایەنگرانی یەکتری ڕێککەوتنو ڕازی بون بەگۆڕینەوەی دیلو تەرمی کوژراوەکان. دەستەی سەرپەرشتیاری ڕێککەوتننامەکە جەختی کردەوە سەر گرنگیی مەسەلەی دابەش کردنی داهاتی گومرگەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و داوای لە یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات کرد چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە. هەروەها لەم کۆبونەوەیەدا بڕیار درا کۆمیسیۆنێکی باڵای سێقۆڵی بۆ هەماهەنگی لەنوێنەرانی یەکێتیو پارتیو بەرەی تورکمانی بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتبونەوەی گشتی پێك بێ، هەروەك کۆبونەوەکە جەختی کردەوە سەر لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە هەنوکەییەکانی تورکیا. بەڵام بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش تێدا نەبوو.

بەپێی ڕێککەوتننامەکە، لە٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٦ دەست بە دیاری کردنی هێڵی ئاگربڕی نێوان هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات کراو کارەکە لە١٥ی کانونی یەکەمدا کۆتایی هات. لە نیسانی ١٩٩٧دا ئەو هێزەی کە ڕێککەوتننامەکە بە ناوی هێزی چاودێری ئاشتی (PMF) بڕیاری لێ دابوو، گەیشتە کوردستان و سەربازەکانی بەسەر هێڵی ئاگربڕدا دابەش بون. هێزەکە بە فەرماندەیی ئەفسەرانی تورك لە٢٥٠ سەربازی تورکمانو ئاشوری پێك هاتبوو. یەکەم فەرماندەی هێزەکە حەسەن کاپلان بوو.

بەڵام فەرماندە تورکەکانی هێزی چاودێری ئاشتی نەیانتوانی سیاسەتێکی هاوسەنگ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکراتدا پیادە بکەن. کێشەی هێزی چاودێری ئاشتی کەمتر لەگەڵ پارتی دیموکراتدا بوو، چونکە پارتی زۆر گوشاری دەخستە سەر ئاوارەکانی کامپی ئەتروش کە دانیشتوانی کوردستانی باکور بون، کاری بۆ هەڵوەشاندنەوەی کامپەکە دەکردو هەماهەنگییەکی زۆرتری لەگەڵ تورکیادا سەبارەت بە مەسەلەی پەکەکە هەبوو. لەم سەروبەندەدا ئەفسەرانی تورکی هێزی چاودێری ئاشتی بە گومانەوە دەیانڕوانییە پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پەکەکەو ئەمەش وای کردبوو لە دانوستانەکاندا زۆرتر پشتگیریی پارتی بکەن، تا لە دواییدا کار گەیشتە ڕادەی لەدەستدانی بێلایەنی. ئەمەش بەو سەرەنجامە گەیشت کە نوێنەرانی یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٧دا بۆ ماوەیەك لە کۆبونەوەکان کشانەوە، بەتایبەتی لە سۆنگەی هەندێ کێشەوە کە لەگوندی هەڕوتە کەونی دۆڵی بالیسان ڕویاندابوو.

ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە ئاشتیی بەدی نەهێناو پارتی دیموکراتی کوردستان تا کۆتایی هەر سور بوو لەسەر ئەوەی کە لە سەرجەمی ٢٢ ماددەی ڕێککەوتننامەکە تەنها کار بە شەش ماددە بکاو لە هەڵوێستی ڕاگەیەنراوی فەرمیو لێدوانی

بەرپرسەکانیدا دەستەواژەی «ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە»ی بەکار نەدەهێناو زۆرتر دەستەواژەی «پرۆسەی ئەنکەرە»ی بەکار دەهێنا.

بونی هێزی چاودێری ئاشتی لە هەرێم ڕێی لە سەرهەڵدانی شەڕ نەگرت. لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ خولێکی تری شەڕ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکراتدا دەستی پێ کردو تورکیا نەیتوانی بێلایەنیی خۆی بپارێزێ. هێزی کۆماندۆی تورکیا بە پاڵپشتی تانك و تۆپخانەو فڕۆکەی جەنگیی ئێف ١٥و ئێف ١٦، شانبەشانی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێرشیان کردە سەر هێزەکانی یەکێتی. تێوەگلانی تورکیا لە شەڕدا لە دژی یەکێتیی نیشتمانی هیچ بوارێکی بۆ ئەوە نەهێشتەوە کە تورکیا ڕۆڵی بێلایەن و ناوبژیوان بگێڕێت و بەهۆی ئەمەوە ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە بەکردەوە پوکایەوەو هیچ بەهایەکی راستەقینەی نەما.

تورکمان و ئاشورییەکان لە چوارچێوەی هێزی چاودێری ئاشتیدا بەشدار بون لە چاودێری کردنی ئاگربڕو پاراستنی ئاشتیدا بەڵام ئەم ئەرکە لە توانایان گەورەتر بوو، بۆیە نەیانتوانی لە کاتی هەڵکشانی تەنگژەکاندا ڕێ لە تەقینەوەی ڕوداوەکان بگرن.

لە ئەیلولی ١٩٩٨دا یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات بە ناوبژیوانیی ئەمریکا ڕێککەوتننامەیەکی تریان لە واشنتن بۆ کۆتایی هێنان بەناکۆکییەکانیان واژۆ کرد. ئەمەش بەو سەرەنجامە گەیشت کە ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە بەیەکجارەکی پشت گوێ بخرێ. بەڵام سەرەڕای پوکانەوەی ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە، هێزی چاودێری ئاشتی تا ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێم مایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا پەرلەمانی کوردستان داوای کشانەوەی هێزی چاودێری ئاشتی کردو لە٢ی تەموزی ٢٠٠٤دا تورکیا بە فەرمی بڕیاریدا هێزەکە بکێشێتەوە.

## پاشکۆی ژمارە ١

### دەقی ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان

ڕۆژانی ٣٠و٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ نوێنەرانی تورکیاو ئەمریکاو بریتانیا لەگەڵ شاندی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنکەرە کۆبونەوە.

هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئامانجی بنەڕەتیی گفتوگۆکان بەم چەشنە بێ:

١-بەردەوامبونو پتەوکردنی ئاگربڕ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەو هیوایەی کە ئاگربڕەکە ببێتە ئاگربڕێکی هەمیشەیی.

٢-چەسپاندنی ئاشتیو پاراستنی لە باکوری عیراق بەدەستپێکردنی ئاشتبونەوەی سیاسی.

**چالاکیی حزبەکان:**

١-نابێ ئەم کۆبونەوەیە یان ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە ئەنجامی ئەم کۆبونەوەیە دێنە کایەوە، یەکپارچەیی خاکی عیراق بخەنە مەترسییەوە.

٢-ئایندەی عیراق لەسەر بنەمای خواستی ئازادانەو هاوبەشی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و لەڕێگای دایەلۆگو پاراستنی مافی مرۆڤو مافە سیاسییەکانی هەموو هاووڵاتییانی عیراقەوە، بەو جۆرەی لە بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، دێتە کایەوە. ئەم بڕیارە ڕێز لە سەروەریی عیراق و یەکپارچەیی خاکەکەیو سەربەخۆییەکەی دەگرێ، هەر وەك لە بەڵێنەکانی هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە.

٣-پێویسته بایەخی ئاسایشی تورکیاو وڵاتانی تری دراوسێو پاراستنی سنوری نێودەوڵەتی بە هەند وەربگیرێت.

٤-هەردوو حزب لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە داوای دەستێوەردانی هێزی تر نەکەن کەئەمە دەبێتە هۆی قوڵ کردنەوەی ناکۆکییەکانو پەرەسەندنی گرژییەکان. هەر هێزێکی لەم بابەتە کە لە پارێزگاکانی باکوردا هەن، دەبێ بەجێی بێڵن.

**سەبارەت بە ئاگربڕ:**

٥-شوێنی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەعات ١٢ی شەوی ٢٣ی تشرینی یەکەم (بۆ دەستپێکی ئاگربڕ) دیاری دەکرێن. هەروەها لە نزیکترین کاتدا، هێڵەکانی ئاگربڕ لە ڕێگای ئەو راپۆرتانەوە کە دەستەی سەرپەرشتیاری چاودێری کردنی ئاشتی دەیاننێرێت،لە لایەن نوێنەرانی هێزی چاودێری ئاشتیو ئەندامانی کۆنتاکتی هەردوو حزبەوە دیاری دەکرێن.

٦-هەردوو حزب لە شوێنەکانی بەرگریی خۆیان دەمێننەوەو دەستدرێژی بۆ سەر یەکتری ناکەن.

٧-هێزێکی بێلایەن بۆ چاودێری کردنی ئاشتی پێك دەهێنرێ و بۆ چاودێریی ئاگربڕ دەست بەکار دەبێ. یەکەکانی ئەم هێزە بە درێژایی هێڵی ئاگربڕ لەو ناوچانەی کە لەسەری ڕێك دەکەون، دەستبەکار دەبێو سەرپەرشتیی رەوشەکە دەکا.

ئەم هێزە لە ناوچەکاندا نوێنەری دەبێو راپۆرت بۆ بارەگای هەولێر دەنێرێ.

تورکمانو حزبە کوردییەکان و ئاشوریو بێلایەنەکانی باکوری عیراق بەشداری لەو هێزەدا دەکەن و بەشداربوانی ئەم کۆبونەوەیە رەزامەندی لەسەر پێکهێنانی نیشان دەدەن.

٨-هەردوو حزب بە شێوەیەکی سیستماتیك هاوکاریی چاودێریی ئاشتی دەکەن، هەڵسوڕانی ئاسان دەکەن، ئەندامانی کۆنتاکتی نێوان خۆیانو ئەم هێزە بە تەواوی دیاری دەکەنو بۆ چاودێری کردنی ئاگربڕو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ هەر ناکۆکیو لێکۆڵینەوەیەك، بەپێی پێویست هاوکاریی لێپرسراوو نوێنەرەکانی ئەو هێزە دەکەن.

٩-لێرەش دەستەیەك بۆ چاودێری کردنی ئاشتیو سەرپەرشتی کردنی چالاکیی هێزی چاودێری ئاشتیو هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵای هەردولا پێك هێنراوە. ئەم دەستەیە بۆ رایی کردنی ئیشوکارەکانی، زانیاری لەچاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرێ.

١٠-بارەگای دەستەی سەرپەرشتیاری چاودێریی ئاشتی لە ئەنکەرە دەبێو لە نوێنەرانی تورکیاو ئەمریکاو بریتانیاو پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی چاودێری ئاشتی پێکدێ. ئەم دەستەیە بۆ دانانی ئەجندای کارەکانی خۆی لە هەفتەی یەکەمی تشرینی دووەمی ١٩٩٦ کۆدەبێتەوە.

١١-هەر ئەندامێك لەم دەستەیە بۆی هەیە سکاڵای خۆی پێشکەش بکات.

١٢-هەردوو حزب شەڕی راگەیاندن لە هۆکانی راگەیاندنی خۆیان رادەگرن.

١٣-هەردولا دیل و گیراوەکان ئازاد دەکەن و تەرمی کوژراوەکانیش دەدەنەوە بە یەکتری.

١٤-هەردولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە خزمەتگوزارییە مەدەنییەکانی وەك هاتوچۆو ئاوو کارەباو سوتەمەنیو پێداویستییەکانی تەندروستیو خۆراك پێشکەش بکەن و لەبەر هۆیە سیاسییەکان تەگەرە نەخەنە بەردەم پێشکەش کردنی ئەو خزمەتگوزارییانە. بۆ چاککردنەوەی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکانی وەك ئاوو ئاوەڕۆو کارەبا لە باکوری عیراق، هەردولا هاوکاریی یەکتری دەکەنو داوا لەڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێ، بۆ بەجێ هێنانی ئەم ئەرکە، کۆمەك و چاودێریی خۆیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان پێشکەش بکەن.

١٥-هەردوولا جەخت دەکەنەوە سەر پابەندبونیان بە دابین کردنی سەلامەتی و ئەمنیەتی کارمەندانی

ڕێکخراوە خێرخوازەکان و خێزانەکانیان.

١٦-هەردولا جەختیان کردەوە سەر ئەوەی کە پەنابەرو ئاوارە عیراقییەکان لە وەرگرتنی یارمەتییە مرۆییەکاندا، بە بێ گوێدانە ڕەنگی سیاسیو ڕەگەزیان، لە مافدا لەگەڵ هاوولاتییانی تردا یەکسانن. هەروەها لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن کە داوای یارمەتی لە کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری ئاوارەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئاوارانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

١٧-تورکیاو ئەمریکاو بریتانیا یارمەتیی پێویست لەم بارەیەوە پێشکەش دەکەن.

**ئاشتبونەوەی سیاسی:**

١٨-وەك مەسەلەیەکی بنەڕەتی، هەردولا ڕێککەوتون و بەڵێنیان داوە کەگفتوگۆی تر بۆ پێکهێنانی ئیدارەیەکی کاتی بۆ ناوچەی باکوری عیراق ئەنجام بدەن، ئەویش بە بەشداریی هەموو حزبو کەمینەکانی وەك تورکمانو ئاشوری، لەسەر بنەمایەکی یەکسان.

١٩-کۆکردنەوەی داهاتی گومرگو باجەکانی تر بە شێوەیەکی ئاشکراو بەکارهێنانی ئەو داهاتە بۆ خزمەتگوزاریو گەشەپێدانی هاوبەش بۆ هەموو خەڵکی ناوچەکە لە ڕێگەی دابەش کردنی داهاتەکانەوە بە شێوەیەکی گونجاو.

٢٠-ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ لە کاتێکی گونجاودا. بەشداربوانی ئەم کۆبونەوەیە لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە مەسەلەکەوە هەیە، زەمینە بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادو ڕێکوپێك خۆش دەکەن.

**بایەخی ئاسایشی تورکیا:**

٢١-هەردوو حزبەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە ڕێ بەتیرۆریستان نەدەن لە ناوچەکەدا بنو چالاکی بنوێنن، بەتایبەتی پەکەکە.

٢٢-هەموو لایەنە بەشداربووەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کەکار بکەنو پشتگیریی کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری ئاوارەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بکەن بۆ گەڕاندنەوەی ئارەزومەندانەی هاوولاتییانی تورکیا کە نیشتەجێی کامپی ئەتروشن، بەزوترین کات، ئەویش دوای ئەوەی کە بەشداربووان لەبڕیاری داخستنی کامپەکە دڵنیا دەبن.

ئەم پرنسیپانە ڕێخۆشکەرن بۆ کاری هاوبەش، لەپێناوی چەسپاندنی ئاگربڕو کردنی بەئاگربڕێکی هەمیشەییو دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتبونەوە.

بەشداربووان لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە لە١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٦دا کۆ ببنەوەو چاوێك بەو پێشکەوتنەدا بگێڕنەوە کە لە جێبەجێ کردنی ئەم پرنسیپانەدا بەدی هاتون.

## پاشکۆی ژمارە ٢

### بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەکانی ١٤و١٥ی کانونی دووەمی ١٩٩٧ی ئەنکەرە

لە ڕۆژانی ١٤و ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٩٧دا نوێنەرانی هەر یەك لە تورکیا ئەمریکاو بریتانیا لەگەڵ شاندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرەی تورکمانیدا لە ئەنکەرە کۆ بونەوە، ئەویش بۆ پێداچونەوەی ئەو پێشکەوتنەی کە لەجێبەجێ کردنی پرنسیپە بڕیارلێدراوەکانی هەردوو کۆبونەوەکەی ٣١ی تشرینی یەکەم و ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی پار لە ئەنکەرە هاتۆتە دی. بەشداربووانی کۆبونەوەکە جەختیان کردۆتە سەر پابەندبون بەچەسپاندنو تۆکمەکردنی ئاگربڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەشداربووانی کۆبونەوەکە ئاماژەیان بەو ڕاپۆرتە داوە کە دەستەی سەرپەرشتیاری چاودێری کردنی

ئاشتی پێشکەشی کردووەو جەختیان کردۆتە سەر پابەندبونو پشتگیریی هەردولا لە بەردەوامبونی کاری دەستەکە. هەردولا رایانگەیاندووە کە رەزامەندن بە دیاری کردنی سنوری ناوچەکانی سەر هێڵی ئاگربڕی نێوانیانو خۆشحاڵیی خۆیشیان سەبارەت بە پێشکەوتنی مەسەلەی پێکهێنانی هێزێك بۆ چاودێری کردنی هێڵی ئاگربڕی نێوانیان دەربڕیوە. هەروەها بەشداربووان خۆشحاڵیشن بەو پێشکەوتنەی کە لە مەسەلەی پێکهێنانی هێزی چاودێری ئاشتیی ناسراو بە PME و هەنگاوەکانی پەیوەست بەم مەسەلەیە هاتۆتە دیو ئومێدیان لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کەئەم هێزە لە سەرەتای مانگی شوباتی داهاتوو بەدواوە، بتوانێ هێزەکانی بە هەموو ناوچەکاندا بڵاو بکاتەوە.

هەردولا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەیان بڕاندۆتەوە کە هەموو رێوشوێنێکی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتی و ئاسایشی بەشداربووانی هێزەکەی PME دەگرنە بەرو لەسەر ئەوەش رێککەوتون کەهێزەکانیان لە ناوچە جێناکۆکان، بە درێژایی هێڵی روبەڕوبونەوە، بکێشنەوە دواوەو هەموو ئەو شوێنانە چۆڵ بکەن بەو مەبەستەی کە هێزی چاودێری ئاشتی، کە لە برایانی تورکمانو ئاشوریو هەندێ لایەنی تر پێکدێ، لەوێ جێگیر ببن تاکو ئەم هێزە بۆی بلوێ چاودێریی هێزەکانی هەردولا پاش کشانەوەیان لە هێڵەکانی روبەڕوبونەوە، بکات.

لەبەر رۆشنایی ئەم پابەندبونە تازانە، بەشداربووەکانی کۆبونەوەکە لەسەر فراوان کردنی چوارچێوەی هێزی چاودێری ئاشتی رێککەوتن بۆ ئەوەی ئەم هێزە بتوانێ بە شێوەیەکی کارا چاودێریی هێڵەکانی روبەڕوبونەوە بکات، هەروەك لەسەر ئەوەش رێك کەوتون کە دەستەی باڵای چاودێریی ئاشتی لە روداوەکانی تەقینەوەی ئەم دواییە بکۆڵێتەوەو هەوڵی دۆزینەوەی ئەنجامدەرەکانی بدات، ئەویش بەو پێیەی کەئەو روداوانە بە پێشێل کردنی ئاگربڕ دادەندرێن.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستبەجێ کۆتایی هێنان بە شاڵاوی دەرکردنی لایەنگرانی یەکتری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان رێککەوتونو رێ بە ئاوارەکان دەدەن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان بەو مەرجەی کە سەرو ماڵیان بپارێزرێ.

بەشداربووانی کۆبونەوەکە پێخۆشحاڵیی خۆیان بەرامبەر بەو پێشکەوتنە نیشان داوە کە لەم دواییەدا سەبارەت بە گەڕانەوەی خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان بۆ ناوچەکە هاتۆتە ئاراوە وەك گەڕانەوەی کارەباو کردنەوەی رێگاوبان بۆ تێپەڕینی کەرەستەی خۆراك. هەردولا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، ئامادەیی ئەوەیان دەربڕیوە کە هیچ تەگەرەیەك لە بەردەم بەڕێوەچونی ئەو خزمەتگوزارییانەدا دروست نەکەن.

هەروەها هەردولا جەختیان کردۆتەوە سەر پابەندبونی پێشوویان سەبارەت بەڕاگرتنی هێرشی راگەیاندن. بەرەی تورکمانی چاودێریی هۆکانی راگەیاندنی لۆکاڵ دەکاو راپۆرتی کورت دەربارەی پێشێلکارییەکانی ئەم بوارە پێشکەش بە دەستەی باڵا دەکات.

هەردولا رایدەگەیەنن کە پابەندن بەگۆڕینەوەی دیلەکان و تەرمی کوژراوەکانو لەم روەوە داوا لە کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی خاچی سور دەکرێ بەزوترین کات بکەوێتە گەڕ بۆ ئاسان کردنی ئەم پرۆسەیەو دەستەی باڵای چاودێریش بەشداری لە سەرخستنی ئەم پرۆسەیەدا دەکات.

لێپرسراوانی دەستەی سەرپەرشتیار جەختیان کردۆتە سەر گرنگیی مەسەلەی دابەش کردنی داهاتەکانی باکوری عیراق بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو داوا لە

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزنەوە.

هەروەها بڕیار دراوە لیژنەیەکی باڵای سێقۆڵیی هەماهەنگی لە نوێنەرە باڵاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرەی تورکمانی پێك بهێنرێت، ئەویش بۆ چەسپاندنی ئەو ئاشتبونەوە سیاسییەی کە لە**٣١**ی تشرینی یەکەمی **١٩٩٦**دا لە کۆبونەوەکانی ئەنکەرە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. ئەم لیژنەیە مانگی جارێك کۆ دەبێتەوەو کارەکانی خۆی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی چاودێری کردنی ئاشتیدا هەڵدەسوڕێنێ.


لیژنەی باڵای هەماهەنگی چەند لیژنەیەکی لاوەکی پێکدێنێ کە ئەرکیان سەقامگیرکردنی بنچینەکانی متمانەو هاوکارییە لەسەر ئاستی پەروەردەو تەندروستیو گواستنەوەو ئازادیی هاتوچۆی هاووڵاتییانو هەندێ کاری مرۆیی دیکە دەگرنە ئەستۆ.

هەردولا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، جەختیان کردۆتە سەر هانا نەبردن بۆ هیچ هێزێکی تر چونکە ئەم کارە لێی رادەبینرێ ببێ بە مایەی ئاڵۆزکردنی رەوشەکە یان زیادکردنی گرژی.

هەروەها هەردولا جەختیان کردۆتە سەر لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییە هەنوکەییە رەواکانی تورکیا بەو جۆرەی کە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەکانی **٣١**ی تشرینی یەکەمی **١٩٩٦**دا هاتووەو لەم بوارەدا ئاماژە بە بڕیارەکەی کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەرانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە داخستنی کامپی ئاوارەکانی ئەتروش دەکەن، هەروەك هەردولا جەختیان کردۆتە سەر ئەوەی کە پابەندبونیان بەم ڕێککەوتنە کار ناکاتە سەر سەروەریی نیشتمانیو یەکپارچەیی خاکی عیراق بەو چەشنەی کە لە بەیاننامەی **٣١**ی تشرینی یەکەمی **١٩٩٦**دا هاتووە.

لە کۆتاییدا، بەشداربووانی کۆبونەوەکە یەکدەنگن لەسەر بەردەوامبونی کۆبونەوەکانیان لە پێناوی فراوان کردنی چوارچێوەی هاوکاریی هاوبەشدا بە مەبەستی تۆکمەکردنی بناغەکانی ئاشتیو ئاسایش لە ناوچەکەدا بەو چەشنەی کە خزمەت بە بەرژەوەندیی دانیشتوان بگەیەنێ.

## ئەنوەر حەسەن*



فەرماندە. لەدایکبوی ساڵی **١٩٥٤**ی گەڕەکی سەید سەروەری شاری کەرکوك. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواوکردووە. بە بنەچە لە خێزانێکی دزەیی دەشتی هەولێرە کە لەوێوە کۆچی کردووەو لە کەرکوك گیرساوەتەوە.

ساڵی **١٩٧٣** پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی **١٩٧٤** لە زانکۆی تەکنەلۆژیای بەغدا وەرگیراوە و لەڕوی ڕێکخراوەییشەوە بۆ بەغدا گوێزرایەوەو لەوێ لەشانەیەکی سێ کەسیدا ڕێك خرا. لە کۆتایی ساڵی **١٩٧٥**دا بەهۆی ئاشکرابونی ئەندامێکی شانەکەوە، گیراو بۆ ئاشکراکردنی ناوی ئەندامی سێیەمی شانەکەوە خرایە ژێر ئەشکەنجەوە، بەڵام ئەو خۆی راگرت و هیچ زانیارییەکی لەم بارەیەوە بەدەزگا ئەمنییەکان نەدا، لە دواییشدا بە تۆمەتی شاردنەوەی زانیاری بە حەوت ساڵ زیندانی حوکم درا.

ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا. دوای ئازادبونی بە ماوەیەکی کەم، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هەر یەك لە شاخەوان عەباس، ئاوات قارەمانی، دانا ئەحمەد مەجید، ئەسکەندەر حاجی ئاغا ئاکرەیی، سەلاح چاوشین، شۆڕش ئیسماعیل، حامید حاجی غالی، رەفیق سەبری‌و محەمەد غەریب عەبدوڵلا بەشدار بوو لە خولێکی عەسکەری لەلوبنان کەبەرەی دیموکراتی رزگاریخوازی فەلەستین بە ڕابەرایەتیی نایف حەواتمە بۆ کادیرە عەسکەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سازی کردبوو. ئەم خولە رۆڵێکی دیاری لە بەرزکردنەوەی ئاستی هەڵسوڕانی پێشمەرگانەی کادیرە بەشداربووەکاندا هەبوو. ماوەیەکی کەم پاش گەڕانەوەی لە لوبنان، بەسودوەرگرتن لەو زانیاری‌و شارەزاییەی لە لوبنان بەدەستی هێنابوو، سەرپەرشتیی خولێکی عەسکەریی بۆ هێزی پێشمەرگە کرد لە مالیمۆس لە نزیك گوندی کانی زەرد. لە ڕێگەی ئەم خولەوە زانیاری‌و شارەزاییەکەی بۆ کادیرە عەسکەرییەکانی هێزی پێشمەرگە گواستەوە.


ساڵی ١٩٨١ بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کردو هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی هەرێمی ٢ی کەرکوك.

لە٥ی ئازاری ١٩٨٢دا لە شەڕێکدا لەگوندی قازانی نزیك تاسلوجەی سلێمانی، پاش بەرگرییەك کە ١١ سەعاتی خایاندو تێیدا هێزەکانی عیراق زیاد لە٣٠ سەربازیان لێ کوژراو ژمارەیەکی زۆریان لێ بریندار کرا، لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەدا شەهید کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* قازان (شەڕ).

## ئەنوەر زۆراب*



کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی کەرکوك. یەکێك بوو لە لایەنگرانی بیری چەپی کوردستانی لە کاتی شۆڕشی ئەیلولدا. لە سەرەتای حەفتاکاندا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٤ پاش پێکهێنانی کۆمیتەی ئەستێرەی سور بە سەرکردایەتیی جەعفەر عەبدولواحید، کرایە ئەندامی کۆمیتەکەو لێپرساوی رێکخستنی بەغداو خانەقین. ئەم کۆمیتەیە بە درێژایی ساڵی ١٩٧٤ وەك کۆمیتەیەکی سەرپەرشتیاری رێکخستنەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥دا، پاش هەرەسهێنانی شۆڕش، بە شێوەیەکی کاتی هەموو دەسەڵاتێکی پێ بەخشراو بۆ ماوەیەك وەك کۆمیتەی سەرکردایەتی چالاکیی نواند.

لە سەردەمی چڕکردنەوەی هەوڵەکاندا بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، زۆراب چەند جارێك چوو بۆ سوریا بۆ دروستکردنی کۆنتاکت و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا. لەم سەروبەندەدا نامەو نامەکاریی نێوان دەستەی دامەزرێنەرو سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ڕێی ئەنوەر زۆرابەوە بەڕێوە دەچوو. ئەو پەیوەندییەش لەڕێگەی کادیرێکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبەوە کە ناوی وەلید زەنون بوو، هەڵدەسوڕا. دەستگیرکردنی کادیرەکەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب لە لایەن دەزگای

ئاسایشی عیراقەوە، بووە مایەی ئاشکرابوون و دەستگیرکردنی زۆراب لە ساڵی ١٩٧٥. دەستگیرکردنەکە بە کارەسات کۆتایی هات چونکە کۆمەڵێک دیکۆمێنت لە ماڵەکەی گیران کە بوونە مایەی زیانگەیاندن بە ڕێکخستنە نهێنییەکان.

لە ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لە زیندانی ئەبوغرێب لەگەڵ شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید لەسێدارە درا.

## ئەنوەر ساڵح عەزیز



پێشمەرگەو نوسەرو شانۆکار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە کەرتی شەهید ئاریی ڕێکخراوی سلێمانی کاری کردووە. ساڵی ١٩٨٤ لە ڕێکخستندا پلەی ئەندام کەرتی بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٨٥ لە ناوچەی قەرەداغ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. لەو ماوەیەی کە تێیدا پێشمەرگە بووە، بەشداریی لە ژمارەیەك شەڕو ئۆپەراسیۆن کردووە، دیارترینیان ئۆپەراسیۆنی گرتنی شاری قەرەداغە لە ساڵی ١٩٨٧، هەروەك بەشداریش بووە لە شەڕەکانی بەرپەرچدانەوەی لەشکرکێشییەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ لە قەرەداغ، گەرمیان، گۆپتەپەو ئاغجەلەر.

بەشێکی گرنگی ژیانی لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، پەیوەندیی بە شانۆوە هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پێی وابوو دەکرێ پەیامی شۆڕش بە چەندرێوشوێنێك بانگەشەی بۆ بکرێ، لەوانە لە ڕێی هونەری شانۆوە. بۆیە پەیوەندیی بە تیپی شانۆی دەرەویانەوە کردو وەك ئەکتەر، لە چوارچێوەی پرۆژەی شانۆی گەڕۆکدا، بەشدار بوو لە پێشکەشکردنی چەند شانۆگەرییەك لە گوندەکانی دەرەویانی سەروو، دۆڵانی سەروو، جافەران، بەلەکجار و گەڕەزیل لە ناوچەی قەرەداغ. هەروەها لە چوارچێوەی هاوکاریی هونەریدا، بەشدار بوو لە پتەوکردنی هاوکاریی نێوان تیپی شانۆی دەرەویان و تیپی شانۆی کوردستان.

لە تەموزی ١٩٨٨ دا وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا. بەڵام لە کانونی یەکەمی ١٩٩٠ دا لە سلێمانی پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە کردو لە کاروباری ڕێکخراوەیی تێهەڵچۆوەو لە کۆششەکانی پێکهێنانی گروپی چەکدار لە ناو شارەکان، وەك خۆسازدانێك بۆ ڕاپەڕینی گشتی، ڕۆڵی نواند. لە شوباتی ١٩٩١ بەشداربوو لە دروستکردنی رایەڵەیەکی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ رەتلی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری قەرەداغ و گڵە زەردە.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا لە سنوری سلێمانی ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. پاش شکستی ڕاپەڕین و لەشکرکێشیی هێزەکانی حکومەتی عیراق بۆ سەر سلێمانی، لە ناو شار بەشدار بوو لە ڕوبەڕوبونەوەی هێزەکانی حکومەت، بەتایبەتی لە گەڕەکانی وڵوبەو حاجیاوا.

ساڵی ١٩٩٣ وەك ئەندامی کۆمیتە کاری لە بواری ڕێکخستندا کردووەو وردە وردە پلەکانی ڕێکخستنی بڕیوە. ساڵی ١٩٩٥ بووە کارگێڕی کۆمیتەی

قەرەداغ. ساڵی ١٩٩٧ کرایە کادیری پەیوەندییەکان و لێپرسراوی پەیوەندییە کوردستانییەکان لە سنوری مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٥ بووە ئەندامی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٦ بووە کارگێڕی مەڵبەند.


ساڵی ٢٠٠٧ لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤاری «نوێبون»ی گرتە ئەستۆ کە مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی خاوەنی ئیمتیازی بووەو ١٩ی ژمارەی لێ دەرچووە. گۆڤارەکە تا حوزەیرانی ٢٠١٣ دەرچووەو بە یەکێ لە گۆڤارە سەرکەوتووەکان دەژمێردرێ. هەر لە هەمان ماوەدا بەڕێوەبەری ماڵپەری مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو کە لەو کاتەدا سەر بە بەشی ڕاگەیاندن و ڕوناکبیریی مەڵبەند بوو. هەروەك سەرپەرشتیی ڕادیۆی «دەنگی سلێمانی»ی کردووە کە ئەویش هەر سەر بە مەڵبەند بووە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*دەرەویان (تیپی شانۆ).

*نوێبون (گۆڤار).

## ئەنوەر قەرەداغی



هونەرمەند. ناوی تەواوی محەمەد ئەنوەر عومەر محەمەد قەرەداغی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٦ی هەڵەبجە. لە خێزانێکی ئاینپەروەرە. سەرەتا خراوەتە حوجرەوە و دواتر رووی لە خوێندنگە کردووە. پاش کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی ١٩٥٣، لەگەڵ برا گەورەکەی، شێخ محەمەد قەرەداغی، لە سلێمانی گیرسایەوەو لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد.

لە منداڵییەوە مەیلی بە لای هونەردا هەبوو. ژیانی هونەریی بە سەرپەرشتی و هاندانی ولیەم یۆحەننا وەك کۆرس لەگروپی سرود دەستی پێکرد.

ساڵی ١٩٦٤ خانەی مامۆستایانی تەواو کردو هەر لەوێ فێری ئامێرەکانی شمشاڵ و عودو کەمان بوو. هەر لەڕێگەی ولیەم یۆحەنناوە خەریکی فێربوونی مۆزیك بوو. ساڵی ١٩٦٤ تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی خۆشی و بەختیاری و دواتر تیپی مۆسیقای هیوای بە هاوکاریی هاوڕێکانی دروستکرد. بەرهەمەکانی ئەم دوو تیپە لەرادیۆی کوردیی بەغدا بڵاو کرانەوە. ساڵی ١٩٦٧ تیپی مۆسیقای سلێمانیی دامەزراند کە دواتر بوو بەکوانوی گرنگترین بەرهەمەکانی.

ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا لەگەڵ هونەرمەندەکانی تردا تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی مۆسیقای شۆڕشی دروستکرد. پاش هەرەسهێنانی شۆڕش، ماوەیەك بۆ شاری سەماوە لە خوارووی عیراق دوورخرایەوە.

ساڵی ١٩٨٢هەندێ پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو شاری سلێمانی و هەروەها لەگەڵ هەندێ لە ڕۆشنبیرەکانی ناو شۆڕش دامەزراند. ساڵی ١٩٨٤ تاڵەبانی بە دەستی دڵشاد مەریوانی نامەیەکی بۆ ناردو لەگەڵ نامەکەشدا هۆنراوەی «مەشخەڵان»ی شێرکۆ بێکەسی بۆ نارد بۆ ئەوەی وەك سرود ئاوازی بۆ دابنێ. ئەویش ئاوازی بۆ داناو بە دەنگی خۆی و کچەکەی تۆماری کرد. بۆ مۆزیکیش بە هاوکاریی ڕێبوار عەبد، گۆران کامل و دالیا لەتیف لەستۆدیۆکەی ماڵی خۆی بە شێوەی سکێچ سرودەکەی تۆمار کرد. دواتر ئەم سرودە بوو بە


مارشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە مانگی کانونی دووەمی 1985 بەدواوە رۆژانە لە سەرەتای بەرنامەکانی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان پەخش کراوە.

لە ڕەوتی چالاکییەکانیدا، لەزۆرترین چالاکییە هونەرییەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەشدار بووە. رۆڵ و چالاکیی دیاری لە چەندین تیپ و دامەزراوەی هونەریدا هەبووە وەك تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی، تیپی میللیی زانکۆی سلێمانی، پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، ئۆرکسترای نیشتمانی و تیپی مۆزیکی گروپی کیژانی سلێمانی. جگە لەوە ئاوازی بۆ زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان داناوە، موزیکی بۆ چەند فیلمێکی سینەماییی نووسیوە، پتر لە دە کۆراڵی هەیە کە لە ڕێگەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و تیپی مۆسیقای سلێمانییەوە ئەنجام دراون.

بابەتی پەیوەندیدار:

*مەشخەڵان (سرود).

## ئەنوەر مەجید سوڵتان*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو فەرماندە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٤ی گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی. لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیرو ناسراوی شاری سلێمانییە. باپیری، سوڵتان ئەحمەد چاوڕەش، ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانی، مامێکیشی بە ناوی عەبدولحەمید ئەفسەری سوپای عیراق بووەو بەشداریی یەکەم جەنگی نێوان عەرەب و جولەکەی کردوە لە ساڵی ١٩٤٨ لە فەلەستین. ئەم ژینگە ملیتاریستییە کاریگەریی لەسەر ئاشناکردنی ئەنوەر بە کاروباری سوپاو جەنگی مەیدانی هەبووە.

ساڵی ١٩٥٧ خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی خالیدیەی کوڕان تەواو کردو ساڵی ١٩٦٦ یش بەشی زانستیی ئامادەیی سلێمانیی تەواو کردو پاشان چووە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدا. بەڵام دوای کۆرسی یەکەم وازی لە خوێندنی کشتوکاڵ هێناو لە ساڵی ١٩٦٨دا روی کردە کۆلیجی سوپاییو لەخولی ٤٦ی کۆلیجی سوپایی وەرگیرا. لە ساڵی ١٩٦٩دا خوێندنی لەو کۆلیجە تەواو کردو بووە ئەفسەر بە پلەی ملازمی دوو.

لە ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٠دا لە شارەکانی عیمارەو بەسرە خولی تۆپخانەی بینیو دواتریش لە یەکە سوپاییەکانی عیراق لە بەغدا، بەسرە، عیمارەو حیللە خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٧٢ کرایە ملازمی یەك. هەر ئەو ساڵە وازی لە سەربازی هێناو لە حاجی ئۆمەران گیرسایەوە کە لەو کاتەدا بارەگاکانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ بووە. دواتر، وەك ئەفسەری رێکخستنی پەیوەندییەکان بۆ تەوێڵە نێردرا. بەڵام زۆری نەبرد لێپرسراوەتیی سەرلقی هێزی پێشمەرگەی لەبیارە گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، کرایە فەرماندەی تۆپخانە لە هێزی خەبات لە پێنجوێن.

لە ساڵی ١٩٧٥دا دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بوو. پاش چەند مانگێك گەڕایەوە بۆ عیراق بەڵام رێی پێ نەدرا بگەڕێتەوە بۆ سوپا، بەڵکو دور خرایەوە بۆ بەسرەو لەوێ بە فەرمانبەر لە فەرمانگەی پۆستە دامەزرێنرا.

لە بەسرە ئاشنایەتیی لەگەڵ چەند رۆشنبیرێکی دورخراوەدا پەیدا کرد کە بەشێکیان ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بون. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەراندا دروست کردو لە رێی هەندێ کادیری کۆمەڵەوە لە ساڵی ١٩٧٦دا لە سلێمانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ شاسوار جەلالدا بۆ رێك خرا. بیر بۆ ئەوە دەچێ کە لەم چاوپێکەوتنەدا بووبێتە ئەندامی کۆمەڵەو ئامادەیی ئەوەشی دەربڕی بێ کە بەشداری لە پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا بکا.

لە ئەیلولی ١٩٧٦دا لەگەڵ هەر یەك لە فەیسەڵ رەشید تاڵەبانیو محەمەد مەحمود محەمەد باخ و حسێن کەریم قادر روی کردە دۆڵی جافەتیو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە. لەو ماوەیەدا هێزێکی پێکهێناوەو لە ناوچەی شارباژێر دەستی بەجموجوڵ کردووە. لە ئەیلولی ١٩٧٧دا لە کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، دوا بە دوای بڕیاردان لەسەر پێکهێنانی هەرێمەکان، کرایە فەرماندەی هەرێمی ٢ی دەشتی کەرکوك. بەڵام ئەو پابەندی بڕیارەکە نەبوو چونکە نەیدەویست شارباژێڕ بەجێ بێڵێ. ئەنوەر زۆر پەرۆشی پابەندبون نەبوو بە فەرماندەکانی سەروی خۆی. هەرچەند ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەران بوو، بەڵام رێسا حزبییەکان هیچ کۆت و بەندێکیان لەسەر هەڵسوکەوتی دروست نەکردبوو.

لە کاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا، لە کۆتایی نیسانی ١٩٧٨دا لەگەڵ هێزێکی گەورەدا بە سەرکردایەتیی عەلی عەسکەری بەرەو سنوری عیراق- تورکیا بەرێ کەوت بە مەبەستی وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە نیاز وابوو لە سوریاوە بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. بە هۆی سەختیی رەوشەکەو گرفتی لۆجستیکییەوە، هێزە بەڕێکەوتووەکە دوچاری هەلومەرجێکی دژوار هات. لەم سەروبەندەدا ئەنوەر داوای لێ کرا بچێتە ناو خاکی ئێران و لەگوندێکی نزیکدا ئازوقە بۆ هێزەکە بکڕێ، بەڵام هەر کە چووە ناو گوندەکە، هێزێکی ئێرانی گەمارۆیان داو دەستگیریان کرد، پاشان رەوانەی تارانیان کردو لەوێوە برایە زیندانی شیراز. لەشوباتی ١٩٧٩دا دوا بەدوای هەرەس هێنانی رژێمی شای ئێران، جەماوەر زیندانەکەیان شکاندو هەموو گیراوەکانیان ئازاد کرد. بەم هۆیەوە ئەویش رزگاری بوو.

پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، پەیوەندیی بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو لە کۆنگرەی یەکەمی ئەم حزبە لە ئابی ١٩٧٩ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە پشتگیری کردنی خەباتی کوردی ئێران و لە شەڕێکدا لە دژی هێزەکانی حکومەتی ئێران لە نزیك شاری بانە، لە٢ی ئەیلولدا شەهید بوو. دواتر لەگوندی بلەکێ بە خاك سپێردراو دوای نزیکەی ٢٠ رۆژ کەسوکارەکەی تەرمەکەیان بۆ سلێمانی بردەوەو لەگۆڕستانی سەیوان بە خاکیان سپاردەوە.

## ئەهواز (خولی عەسکەری)

خولی مەشق و راهێنان لەسەر بەکارهێنانی موشەکی دژە تانکی مالۆتکا لە شاری ئەهوازی پایتەختی پارێزگای خوزستان لە ئێران. ئەم خولە بەپێی رێککەوتنێك لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو قەرارگای رەمەزانی سوپای پاسدارانی ئێران لە شوباتی ١٩٨٧ بەڕێوە چووە.

ئەو کادیرانەی هێزی پێشمەرگە کە لە خولەکەدا بەشدار بون ژمارەیان ٢١ کادیرەو لێپرسراوەکەیان عەدنان محەمەد قادر ناسراو بە عەدنانی حەمەی



مینەیە. سەرپەرشتیاری خولەکە لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە ئاغای سەلمانی بووە. خولەکە سێ هەفتەی خایاندووە.

لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ئێران زۆر پەرەیان سەندبوو، بەتایبەتی پاش ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی موشەکباران کردنی دامودەزگا نەوتییەکانی کەرکوك لە١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦و دوا بەدوای ئەمە، زنجیرەیەك خولی عەسکەری لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە لەشوێنی جیا جیا بۆ هێزی پێشمەرگە ساز کرا کە بونە مایەی گەشەسەندنی توانای جەنگاوەرانەی هێزی پێشمەرگە.

هەندێ لەو کادیرانەی لەم خولەدا بەشدار بون، پێشتر لەخولێکی تردا کە لە شاری کرماشان بۆ مەشقو راهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەکی دژە ئاسمانی، بەشدارییان کردبوو. ناوی بەشێك لەبەشداربووانی خولەکە: عەدنان محەمەد قادر ناسراو بە عەدنانی حەمەی مینە، چەتۆ ساڵح، عومەر کاکەڕەش، یادگار شوکر عەبدوڵڵا، عومەر ئەحمەد محەمەد ئەمین ناسراو بە عومەر قەڵادزەیی، عەبدولکەریم مەحمود سەمین، جەلال کەریم عیسا، شاخەوان کەرکوکی، قاسم عەبدوڵڵا فەتاح، سوهاد داوود حەمە رەحیم ناسراو بە سوهاد خانەقینی، رەسول عومەر ئەحمەد ناسراو بەکوردە چاوشین، سامی سەمین، حەبیب محەمەد سەعید خانەقینی.

## ئەی رەقیب (سرود)

سرودێکی نیشتمانییە. رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە ١٩٧٩وە بۆ ماوەی چوار ساڵ و نیو بەرنامەی رۆژانەی خۆی بەم سروده دەست پێدەکرد. هۆنراوەکە بەرهەمی یونس رەئوف دڵدارە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩١٨ی کۆیەو کۆچکردووی ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٨ی هەولێرە. وا باوە



که ئاوازی ئەم سروده حسێن بەرزنجی دایناوە، بەڵام بۆچونێکی تر هەیە هەندێ کەس بانگەشەی بۆ دەکەن لەوانە محەمەد رەسول هاوار و سۆران مەحوی و رەهبەر سەید برایم کە گوایە دانەری سرودەکە عەبدولخالق قوتبە کە ساڵی ١٩٠٥ لە شاری کۆیە لەدایک بووە و دایکی ئامۆزای یونس رەئوف دڵدارە. ئەم سروده یەکەم جار لە کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ وەك مارشی نەتەوەیی وتراوە و لە شۆڕشی ئەیلولیش، لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق وەك مارشی نەتەوەیی سودی لێ وەرگیراوە. هەموو رۆژ لە سەرەتای دەستپێکی بەرنامەکاندا ئەم سروده تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ وەك مارشێکی نەتەوەیی لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان پەخش دەکرا. بۆچونی زاڵ ئەوە بوو کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێویستی بە مارشێکە تێڕوانینەکان و فەلسەفەکەی بە شێوەیەکی رونتر لە ناویدا رەنگ بدەنەوە، بۆیە بڕیار درا سروده کۆنەکە چیتر وەك مارشی سەرەکی لە رادیۆ پەخش نەکرێ، بەتایبەتی کە جگە لەیەکێتی، هەر یەك لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستانیش سرودەکەیان بە مارشی خۆیان دەزانی و رۆژانە لە سەرەتای دەستپێکی بەرنامەکانی رادیۆکانیان لێیان دەدا. لە کانونی دووەمی ١٩٨٥، یەکێتی سرودی «مەشخەڵان»ی لەجیاتی سروودی «ئەی رەقیب» کرد بە مارشی خۆی.

## ئەیوب یوسف سەعید



پێشمەرگەی دێرین و کادیری عەسکەری. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٧ی گوندی دارەتووی دەوروبەری هەولێر. ساڵی ١٩٧٣ خراوەتە بەر خوێندن

لە گوندەکەی خۆی و تا پۆلی ٢ی ناوەندی خوێندویەتی.

لە تەمەنی چواردە ساڵیدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.لەو ماوەیەدا کە لە ڕێکخستنەکاندا کاری کردووە، زۆرتر کاری لۆجستیکی و هەماهەنگیی نێوان ڕێکخستنەکانی ناو شارو هێزی پێشمەرگەی گرتۆتە ئەستۆ. لەم سەروبەندەدا یەکێ لە دیارترین چالاکییەکانی، چاوساغی کردنی مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بوو بۆ گەیاندنی هەندێ شمەك و کەلوپەلی چاپ لە هەولێرەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری تیپی ٩١ی سەفین ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتییدا هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە یەکەم شەڕی گەورەدا کرد کە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتەیەو لەم ئۆپەراسیۆنەدا بریندار بوو.

ساڵی ١٩٨٤ بووە فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٩١ی سەفین. ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ هەر یەك لە سەردار سەعید سۆفی و بەختیار کاوانی بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی تەقەکردن لە پارێزگاری هەولێر برایم زەنگەنە لە ناو شاری هەولێر. هەرچەند ئۆپەراسیۆنەکە ئامانجی دیاریکراوی بەدی نەهێنا، بەڵام دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە سەرانسەری کوردستاندا هەبوو و کاربەدەستانی ڕژێمی عیراقی ناچار کرد پێداچونەوە بە تێکڕای پلانی ئەمنیی پەیڕەوکراوی ناو شاری هەولێردا بکەن.

ساڵی ١٩٨٧ بووە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی تیمی مەفرەزەکانی چالاکیی ناو شاری هەولێر کە ئەرکەکەی گواستنەوەی شەڕی پێشمەرگانە بوو بۆ ناو شارو پاکتاوکردنی لێپرساوە ئەمنی و عەسکەری و دەستوپێوەندەکانی ڕژێمی عیراق. ئەم ئەرکە بووە هۆی تەنگهەڵچنینی دەزگا ئەمنییەکان بە دایك و باوکی و دەستگیرکردنیان.

ساڵی ١٩٨٩ لە چوارچێوەی کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، کرایە فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

ساڵی ١٩٩٠ ڕەوانەی سوریا کرا بەو مەبەستەی کە فشاری دەزگا ئەمنییەکانی عیراق لەسەر کەسوکاری کەم ببێتەوە. سەرەتای ساڵی ١٩٩١ چوو بۆ ئەورووپاو لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە، پاش ڕاپەڕین، گەڕایەوە بۆ کوردستان و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوە.

ساڵی ١٩٩٣ لە کاتی شەڕەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستاندا، لە گوندی باغەمرە لە سنوری شارەوانیی دارەتوو بە سەختی بریندار بوو. ئەمەش وای لێ کرد بۆ چارەسەر بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا.

ساڵی ١٩٩٤ لە ئەڵمانیا خوێندنی پیشەیی لە بواری میکانیك تەواو کرد و هەمان ساڵ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە بەشی جموجوڵی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر کاری کرد. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٦دا بۆ تەواوکردنی چارەسەر گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا. ساڵی ١٩٩٧ گەڕایەوە بۆ کوردستان. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەو لە گوندی بێلینگەی دەوروبەری شارۆچکەی هیران بریندار بوو. ساڵی ١٩٩٨ بووە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ٢ ی تایبەت. ساڵی ١٩٩٩ بە هەمان پلە بۆ فەرماندەیی ڕاپەڕین گوێزرایەوە.

ساڵی ٢٠٠٧ بووە فەرماندەی فەوجی ٢ی تایبەت لە بارەگای جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی. ساڵی ٢٠١٢ پلەی عەمیدی بەدەست هێنا.

لە سەروبەندی پەرەسەندنی هەڕەشەی داعشدا،

له چاوچێوەی لیوای گەڕۆکدا بەشدارییەکی کارای له زۆربەی بەرەکان و ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکوکدا کرد. ساڵی ٢٠١٦ کرایە فەرماندەی دەستەی سەرپەرشتیاری هەردوو لیوای ٣و ٧ی تایبەت و پلەکەی کرایە لیوا. لە تێکڕای ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٨ جار بریندار بووە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*بێتواتە (ئۆپەراسیۆن).

*ئاشی کەڕە (چالاکیی پێشمەرگانەی ناو شار).

## ئیتتیحاد [الاتحاد] (رۆژنامە)



الاتحاد

جريدة شهرية تصدرها لجنة العلاقات الخارجية في الاتحاد الوطني الكردستاني

العدد الاول — كانون الاول ١٩٨٢

لتتضافر كل الجهود المخلصة من اجل اسقاط الفاشية

هذه الجريدة

تطورات تنظيمية هامة داخل الاتحاد الوطني الكردستاني

تصريح لناطق مسؤول في الاتحاد الوطني الكردستاني

مظاهرات جماهير اربيل الباسلة

مانگنامەیەکە کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هۆڵەندە بە زمانی عەرەبی دەری کردووە. دوانزە ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارەی یەکەم لە کانونی یەکەمی ١٩٨٢ دەرچووەو ژمارە ١٢ لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣، لەوانە دوو ژمارە ژمارەی دوانەیین. سەروتاری ژمارە یەك ئامانجی دەرکردنی رۆژنامەکەی بەم جۆرە دیاری کردوە «رۆژنامەی شەرارە کە رۆژنامەی ناوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بە زمانی عەرەبی، بەهۆی ئابلوقەوە بە ڕێکوپێکی ناگاتە دەرەوەی وڵات، بۆیە کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بڕیاریدا رۆژنامەی ئیتتیحاد دەربکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو دەربڕینی سیاسەت و ڕێبازو بۆچونو هەڵوێستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بەم پێودانگە، ئیتتیحاد شوێن پێی شەرارە هەڵدەگرێو بە تەواوکەری ئەرکەکەی دادەندرێ».

رۆژنامەکە دەنگوباسی ناوخۆی وڵاتو بەدواداچونو وتاری سیاسیی بڵاوکردۆتەوەو بە ڕێکوپێکی ئەو نوسینانەی بەسەر کردۆتەوە کە سەبارەت بە مەسەلەی کورد و کاروباری عیراق لەمیدیا جیهانییەکان و میدیاکانی جیهانی عەرەبو میدیاکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بڵاوکراونەتەوە، بایەخێکی تایبەتیشی بە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە داوە و لەم سەروبەندەدا لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە پێنج پاشکۆیەکی تایبەت بە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی دەرکردووە کە لە ژمارەکانی ١و ٢ و ٥دا چوار لاپەڕە بووەو لە ژمارە دوانەییەکەی ٣ ـ ٤ دا هەشت لاپەڕە بووە. جگە لەم پاشکۆیە، لە ژمارە ٨ دا کە لە تەموزی ١٩٨٣ دا دەرچووە، پاشکۆیەکی چوار لاپەڕەیی بەبۆنەی کۆچی دوایی جەمال تاهیرەوە دەرکردووە.

رۆژنامەکە لە چاپو دیزایندا زۆر پێشکەوتووەو قەوارەکەی فولسکابە. ژمارەی لاپەڕەکانی جێگیر نیە. ژمارەکانی ١و ٢و ٥و ٦و ٨ و ١١و ١٢ هەشت لاپەڕەن، ژمارە دوانەییەکەی ٣ ـ ٤ دە لاپەڕەیە، ژمارە

٧ دوانزه لاپەڕەیەو ژمارە دوانەییەکەی ٩ ـ ١٠ چواردە لاپەڕەیە.

ڕۆژنامەکە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیەو بابەتەکانیشی بەبێ ناوی نوسەرەکانیان بڵاوکراونەتەوە.

## ئیتتیحاد [الاتحاد] (ڕۆژنامە)


صوتوا لقائمة الاتحاد الوطني الكردستاني الرقم (٣٦٦) لانتخابات مجلس النواب العراقي

صوتوا لقائمة الاتحاد الوطني الكردستاني الرقم (٣٧) لانتخابات مجلس محافظات اقليم كردستان

الاتحاد

قوباد طالباني: تحسن ملحوظ في صحة رئيس الجمهورية

الامم المتحدة تحذر من تزايد الانقسام خلال الحملات الانتخابية

البرلمان: ادراج الموازنة على جدول الاعمال يحتاج لتوافق الرئاسة

العدل: اعدمنا 690 إرهابيا منذ 2003

بدء محاكمة عراقي في أمريكا بتهمة قتل زوجته

التيار الصدري: مشروع قانون السلامة يمهد للطوارئ

صوتوا لقائمة الائتلاف الكردي الموحد في بغداد الرقم (٢٠٣) لانتخابات مجلس النواب العراقي

ڕۆژنامەی ناوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی عەرەبی. ئەم ڕۆژنامەیە جێی ڕۆژنامەی «شەرارە»ی گرتۆتەوە کە ڕۆژنامەی ناوەندیی یەکێتی بووە بە زمانی عەرەبی.

«ئیتتیحاد» بەپێی ئەو شوێنانەی لێی دەرچووە، بە سێ خولدا تێپەڕیوە. خولی یەکەم خولی هەولێرە و کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ ـ ١٩٩٦. خولی دووەم خولی سلێمانییە لە ماوەی نێوان ١٩٩٧ ـ ٢٠٠٣و خولی سێیەم خولی بەغدایە لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە.

ساڵی ١٩٩٢ ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەکە بەعەباس بەدری، ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن، سپێردرا کە شارەزاییەکی کەڵەکەبوی لەم بارەیەوە وەك سەرنوسەری دوایین خولی ڕۆژنامەی «شەرارە» هەبوو.

ژمارە سفر لە٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ لە دوتوێی ٨ لاپەرەدا بەمانشێتی «کوردستان باوەش بۆ ئۆپۆزیسیونی عیراق دەکاتەوە» دەرچووە. لەیەکەم سەروتاردا ئامانجی ڕۆژنامەکە بەمجۆرە دیاری کراوە کە «گوزارشت کردنە لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان»و هەر لەو ژمارەیەشدا لەوتارێکدا کە بەدری نوسیویەتی «ئیتتیحاد» بە درێژەپێدەری «شەرارە» دانراوە. یەکەم چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەکە لەگەڵ مەسعود بارزانی بووە کە تێیدا وتویەتی «سەرکەوتنی گەلی کورد بەندە بە تەبایی پارتیو یەکێتیو هاوکارییان لەگەڵ حزبەکانی بەرەی کوردستانیدا».

ئەم ژمارەیە، وەك ژمارەکانی پاشتر، لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر چاپ کراوە بەڵام ناوی سەرنوسەری لەسەر نیە. ئەوانەی لەم ژمارەیە بابەتیان بە ناوی خۆیان بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عەباس بەدریو حەسەن کوخی.

ژمارە یەك لە٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ بەمانشێتی «پەسەندکردنی فیدرالیزم بۆ عیراق» دەرچووە. لەم ژمارەیەدا چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق عەزیز محەمەد بڵاوکراوەتەوە. لە ژمارە ٤ بەدواوە دەست بەبڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی ساڵح حەیدەری کراوە کە بۆ دیکۆمێنت کردنی مێژوی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستانو عیراق لە ماوەی نێوان ١٩٤٠ ـ ١٩٥٨ بایەخێکی زۆری هەیە.

ڕۆژنامەکە بەرە بەرە نوسەرەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. لە ژمارە ١ دا فریاد ڕەوانـدزی، لە ژمارە ٢دا فەرید ئەسەسەرد و یوسف مستەفا، لە ژمارە ٣دا سەلاح هەورامیو کاوە مەحمود، لە ژمارە ٤دا جەلیل برایمو عەبدولغەنی عەلی یەحیاو محەمەد ساڵح ئامێدیو لە ژمارە ٥دا جەمال زەنگەنەو عەبدولموتتەلیب عەبدوڵڵا دەستیان بەبڵاوکردنەوەی بابەت کرد.

لە ژمارە ٥دا کە لە٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢ دەرچووە، یەکەم ستاف بۆ «ئیتتیحاد» دیاری کرا کە تێیدا عەباس بەدری سەرنوسەر، فەرید ئەسەسەرد سکرتێری نوسین، فریاد ڕەوانـدزی بەڕێوەبەری نوسین، عەبدولغەنی عەلی یەحیا بەرپرسی بەشی هەواڵو ریپۆرتاژو عەدنان گلی دیزاینەر بوو. لە ژمارە ٩ دا دەستەی نوسەران لە فەرید ئەسەسەردو فریاد ڕەواندزیو عەبدولغەنی عەلی یەحیا پێك هات.

لە ژمارە ١٤دا کە لە٣٠ی کانونی دووەمی ١٩٩٣ دەرچـووە، قادر حاجی عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن، لێپرسراوەتیی سەرنوسەری ڕۆژنامەکەی گرتە ئەستۆو عەباس بەدری بووە جێگری سەرنوسەر. لەو قۆناغەدا «ئیتتیحاد» بە شێوەیەکی تایبەت بایەخێکی زۆری بە هەندێ بابەت داوە کە لەو سەردەمەدا زۆر کەمیان لەسەر نوسرابوو لەوانە بابەتەکانی فیدرالیزم، مافی چارەی خۆنوسین، کێشەی کەمینەکان، جینۆسایدو لەم سەروبەندەشدا هەندێ بابەتی وەك پێکەوەژیانی کورد - عەرەبو یەکخستنی ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کردبوە تەوەری سەرەکیی بانگەشەکانی.

پاش دەرچونی یاسای چاپەمەنی کە ئەوەی بەسەر بڵاوکراوەکاندا سەپاند کەدەبێ مۆڵەت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرنو خاوەنی ئیمتیازیان هەبێ، دکتۆر کەمال فوئاد لە ژمـارە ٤٠ بـەدواوە بـووە خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە. لەکانونی یەکەمی ١٩٩٣دا عەبدولغەنی عەلی یەحیا بووە سکرتێری نوسین. لە کۆتایی کانونی دووەمی ١٩٩٤ دا فریاد ڕەواندزی کە ئەرکی بەڕێوەبەری نوسینی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی لەئەستۆدا بوو، بۆ «ئیتتیحاد» گوێزرایەوەو لە ژمارە ٦٥دا کە لە٥ی شوباتدا دەرچووە، وەك جێگری سەرنوسەر ناوی لەسەر ڕۆژنامەکە دانرا.

لـە سـەرەتـای سـەرهـەڵدانـی شـەڕی نـاوخـۆدا، «ئیتتیحاد» ڕۆڵێکی دیـاری بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکەو گێڕانەوەی ئاشتەواییو ریشەکێش کردنی هۆکانی پێکدادان گێڕاو لە ژمارە ٧٩دا کە لە١٤ی ئایاردا دەرچووە دەقی ئەو پەیامەی بڵاوکردەوە کە تێیدا تاڵەبانی داوا لەهێزەکانی پێشمەرگە دەکا بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و واز لە شەڕو پێکدادان بێنن. لەم پەیامەدا تاڵەبانی شەڕی براکوژیی بە «کارەساتێکی نیشتمانیو نەتەوەیی» ناو بردووە. هەر دوا بەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە، لە ژمارەی دواتـردا «ئیتتیحاد» دەقی بانگەوازی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی بۆ ڕاگرتنی شەڕ بڵاوکردەوە.

لـەو مـاوەیـەدا چەند ڕۆژنامەنوسێك کـاریـان لە ڕۆژنـامـەکـەدا کـردووە لـەوانـە خالید بەکر ئەیوب، عـەبـدوڵـڵا قـەرەداغـی، سـۆران داوودیو شـەپـۆل فاخر مێرگەسوری. لە ئابی ١٩٩٥ پاش ئـەوەی عەبدولغەنی عەلی یەحیا وازی لە کارەکەی هێنا، خالید بەکر ئەیوب وەك بەڕێوەبەری نوسین لەجێی ئەو دەستبەکار بوو.

لە ژمارە ١٥١ دا کە لە٣٠ی ئەیلولی ١٩٩٥ دەرچووە، عادل موراد ئەرکی سەرنوسەریی گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەکە گەشەیەکی زۆرتری بەخۆیەوە بینیو لەم سەروبەندەدا بایەخێکی زۆرتری بە کاروباری عیراقو هەوڵەکانی یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دا. لە ڕەوتی گۆڕینە ئیدارییەکاندا فریاد ڕەواندزی

ڕۆژنامەی «ئیتتیحاد»ی بەجێ هێشت و ئەرکی سەرنوسەریی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ»ی گرتە ئەستۆ. لەم سەروبەندەدا لە ژمارە ١٨٦ بەدواوە کە لە یەکی حوزەیرانی ١٩٩٦ دەرچووە، ناوی وەك جێگری سەرنوسەری «ئیتتیحاد» لەسەر ڕۆژنامەکە نەما.

لە خولی هەولێردا ئۆفیسی «ئیتتیحاد» لە سلێمانی بەلێپرسراوەتیی مستەفا ساڵح کەریم و ئەندامەتیی ڤینۆس فایەق و دڵسۆز حەمەو قەیس قەرەداغی، ڕۆڵێکی کارای لەدابین کردنی بابەتو چاوپێکەوتنی گەرمو گوڕ بۆ ڕۆژنامەکە گێڕاوە.

لە ئابی ١٩٩٦ دا هەلومەرجێکی زۆر دژوار بەهۆی پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆوە باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاو بەرە بەرە ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بۆ ئەگەری ئۆپەراسیونێکی هاوبەش لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی عیراق بۆ گرتنی هەولێر کرد. سەرەڕای هەڵکشانی گرژییەکە، «ئیتتیحاد» هەر بەردەوام بوو لەسەر دەرچون. لە٣١ی ئابی ١٩٩٦ هێزەکانی عیراقو پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشدا لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری هەولێریان دا. هەر لەو ڕۆژەدا دوایین ژمارەی «ئیتتیحاد» کەژمارە ١٩٩یە لە هەولێر دەرچوو. بەم پێیە خولی هەولێری «ئیتتیحاد» بەژمارە سفری ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ دەست پێ دەکاو بەژمارە ١٩٩ کە لە٣١ی ئابی ١٩٩٦ دەرچووە، کۆتایی دێ.

ڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی یەکێتی پاش ڕوداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ چەند مانگێکی ویست و پاش سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵە کە تێیدا هێزەکانی یەکێتی زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانیان لە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە، ئۆرگانەکان وردە وردە ڕێك خرانەوەو کەوتنەوە کار. پاش ١٣٣ ڕۆژ لەدەرچونی ژمارە ١٩٩ کە دوایین ژمارەی خولی هەولێری ئیتتیحادە، ژمارە ٢٠٠ی ڕۆژنامەکە لە ١١ی کانونی دووەمی ١٩٩٧ لە سلێمانی دەرچوو. بە دەرچونی ژمارە ٢٠٠ خولی سلێمانیی «ئیتتیحاد» دەست پێدەکا. ژمارە بەراییەکانی ڕۆژنامەکە زۆر لە ژێر کاریگەریی ڕوداوەکانی ٣١ی ئاب دانو ئەمە بە ڕونی لە بابەتە بڵاوکراوەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

لەم خولەدا «ئیتتیحاد» وەك خولی پێشو، هەفتانە، لە ڕۆژانی شەممە دەرچووەو سەرنوسەرەکەشی هەر عادل موراد بووە.

لە ئازاری ١٩٩٧ دا «ئیتتیحاد» دەقی ئەو وتارەی دکتۆر وەمیز جەمال عومەر نەزمی بڵاوکردەوە کە پێشتر لە شاری لەندەن لە ڕۆژنامەی «قودسی عەرەبی» بڵاوکرابۆوە. لەم سۆنگەیەوە کە وتارەکە چەردەیەك خاڵی گرنگی سەبارەت بە شێوەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی کورد - عەرەب و ئایندەی عیراقو دیموکراسی وروژاندبوو، دایەلۆگێکی گەرم و گوڕی لێ کەوتەوە کە بۆ ماوەی چەند مانگێك ئیتتیحادی پێ سەرقاڵ بوو. لەم دایەلۆگەدا ژمارەیەك ڕۆشنبیرو نوسەری کوردو عەرەب وتاریان بۆ ئیتتیحاد نوسی، وەڵامی بۆچونەکانی دکتۆر وەمیز جەمال عومەر نەزمییان دایەوە و گفتوگۆیەکی ئازادیان لەگەڵدا کرد. بەشداربووانی دیالۆگەکە بریتی بون لە سۆران داوودی، جەلیل بەسری، عارف ڕوشدی، محەمەد نەجم تاڵەبانی، سالار عەزیز، فارس مەنسور، دکتۆر عەبدولسەتار تایەر شەریف، جاسم ڕەسیف، کامل ژیر و کارزان مەحمود.

لە ئەیلولی ١٩٩٨ دا، دوا بەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتن لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، «ئیتتیحاد» بایەخێکی شایستەی پێ داو بانگەشەی

بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی تازەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا کردو لەم سەروبەندەدا دەقی ماددەکانی رێککەوتننامەکەی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی حەوتەم بەدواوە، «ئیتتیحاد» رەنگی لەیەکەم لاپەڕەو دوا لاپەڕەدا بەکار هێنا، ژمارەی لاپەڕەکانیشی گەیاندە بیست لاپەڕە.

لە ژمارە ٤٣٤ بە دواوە کە لە١٧ی ئابی ٢٠٠١ دەرچووە، سیستمی دوو جێگری پیادە کرا و لەم سەروبەندەدا هەر یەک لە عەباس بەدری‌و مستەفا ساڵح کەریم بونە جێگرانی سەرنوسەر.

ساڵی ٢٠٠١ بۆ «ئیتتیحاد» ساڵێکی بەبرشت بوو چونکە ئاراستەی روداوەکان بەرەو یەکلاکردنەوەی چارەنوسی رژێمی بەعس هەنگاوی دەناو ناوەندە سیاسییەکان خۆیان بۆ ئەم پێشهاتە ئامادە دەکرد. لە تشرینی دووەمدا «ئیتتیحاد» تەوەرێکی بۆ تاوتوێ کردنی کاروباری ئایندەی عیراقی فیدرال رێکخست کە چەندەها نوسەرو سیاسەتمەدارو لێکۆڵیارو چاودێری کوردو عەرەب بەشدارییان تێدا کرد. ئامانجی سەرەکیی تەوەرەکە رێ خۆش کردن بوو بۆ سازکردنی زەمینەیەکی فیکریی لەبار بۆ مشتوماڵ کردنی ئایندەی پێشهاتە سیاسییەکان. هەر لەم چوارچێوەیەشدا، «ئیتتیحاد» لە کانونی یەکەمدا پێشنیارەکەی تاڵەبانیی سەبارەت بە پێکهێنانەوەی بەرەی کوردستانی یان هێنانە دیی هەر شێوەیەکی تری هاوکاری‌و هەماهەنگی بڵاوکردەوە.

لە هەردوو ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ و مانگە بەراییەکانی ساڵی ٢٠٠٣، «ئیتتیحاد» بە شێوەیەکی سیستماتیك بانگەشەیەکی کارای بۆ فیدرالیزم کرد. لە ژمارە ٤٩٤دا کە لە١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ دا دەرچووە، «ئیتتیحاد» هەردوو دەقی پرۆژەی دەستوری فیدرالی عیراق‌و دەستوری هەرێمی کوردستانی بڵاوکردەوە. لەو ماوەیەدا چەند رۆژنامەنوسێکی بەتوانای رۆژنامەکە لە رێگەی ریپۆرتاژو چاوپێکەوتنەکانیانەوە ناوبانگێکی گەورەیان بۆ «ئیتتیحاد» دروست کرد لەوانە سۆران داوودی‌و شەهاب قەرەلوسی‌و کۆچەر رەئوف.

خولی سلێمانی ٣٣٩ ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارەی ئەم خولە، واتە ژمارە ٢٠٠، لە١١ی کانونی دووەمی ١٩٩٧ دەرچووە و دوایین ژمارە، واتە ژمارە ٥٣٨، لە ٢١ی نیسانی ٢٠٠٣ دەرچووە.

لە شوباتی ٢٠٠٣، نزیکەی دوو مانگ پێش روخانی رژێمی بەعس، بەرنامەیەك بۆ گواستنەوەی «ئیتتیحاد» بۆ بەغدا دانرا. دەمو دەست پاش روخانی رژێمی بەعس، رۆژنامەکە بۆ بەغدا گواسترایەوە. گەورەترین کێشە لەم بارەیەوە ئەوە بوو کە چۆن «ئیتتیحاد» لە هەفتانەوە بکرێتە رۆژانە. لەم چوارچێوەیەدا بۆ راهاتن لەسەر دەرکردنی «ئیتتیحاد» بە شێوەیەکی رۆژانە، پەراوە لەسەر ئەوە کرا کە رۆژنامەکە لە سەرەتادا سێ جار لە هەفتەیەکدا لە سلێمانی دەرچێ. بەپێی ئەم پلانە، ژمارەکانی ٥١٥ و ٥١٦ لەیەك هەفتەدا دەرچون. ژمارەکانی ٥١٧ و ٥١٨ و ٥١٩ لەهەفتەی پاشتر دەرچون‌و لێرە بەدواوە تا ژمارە ٥٣٨ رۆژنامەکە لەسەر ئەم ریتمە بەردەوام بوو.

پاش روخانی رژێمی بەعس لە ٩ی نیسان تیمێك کە لە سەرنوسەرو یەکێ لەجێگرەکانی‌و ژمارەیەك کادیری تەکنیکی بۆ ئەوە ئامادە کران کە بچن بۆ بەغداو لەوێ دەست بە دەرکردنی رۆژنامەکە بکەن. پاش فەراهەم کردنی پێداویستییە تەکنیکییەکانی دەرکردنی رۆژنامەکە لە بەغدا، تیمەکە چوو بۆ بەغداو «ئیتتیحاد» لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا گواسترایەوەو لەوێ دەست بە دەرکردنی کرا. بەپێی پلانی دانراو، کاروبارەکە بەم جۆرە رێك خرا کەجێگرێکی سەرنوسەر، عەباس بەدری، لە بەغدا ئەرکەکانی رۆژنامەکە رایی

بکاو جێگرەکەی تر، مستەفا ساڵح کەریم، لە سلێمانی ئەرکی ئۆفیسی کوردستانی رۆژنامەکە بەڕێوە ببا. لەم ماوەیەدا جیهاد زایر لە بەغدا ئەرکی بەڕێوەبەری نوسینی گرتە ئەستۆ.

لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٣دا ژمارە ٥٣٩ی «ئیتتیحاد» لە بەغدا بە هەشت لاپەڕە دەرچوو. بەدەرچونی ئەم ژمارەیە خولی سێیەمی «ئیتتیحاد» کە خولی بە غدایە دەست پێدەکا. یەکەم مانشێتی «ئیتتیحاد» لە بەغدا بریتی بوو لە «ئیتتیحاد سڵاو لە بەغدای ئازادیو برایەتیی نیشتمانیی عیراق دەکات».

لەم سەروبەندەدا ئۆفیسێک بۆ رۆژنامەکە لە گەڕەکی مەهاباد لە هەولێر کرایەوە کە بەرپرسەکەی خالید بەکر ئەیوب بوو، هاوکارەکانیشی فوئاد عوسمان تەها، جەمال هەمەوەندی، شاکر عەبدولکەریم، زەید مەحمود عەلی و بەیار خالید بەکر بوون.

لە تشرینی یەکەمدا عەباس بەدری وەك جێگری سەرنوسەر لەسەر کار نەماو مستەفا ساڵح کەریم سلێمانیی بەجێ هێشتو لە بەغدا ئەرکی جێگری سەرنوسەری گرتە ئەستۆ.

لە ژمارە ٦١٢ بەدواوە کە لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ دەرچووە، «ئیتتیحاد» ناوی یەك جێگری سەرنوسەری لەسەرە کە مستەفا ساڵح کەریمە. لەم ماوەیەدا «ئیتتیحاد» گەشەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیو خوێنەرێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ فریاد رەواندزی پەیوەندیی بە ئیتتیحادەوە کرد. بەهۆی سەرقاڵبونی عادل موراد بە ئیشوکاری ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە بەغداو پاشان دانانی بەباڵیۆزی عیراق لە رۆمانیا لە ساڵی ٢٠٠٤، رەواندزی ئەرکەکانی سەرنوسەری «ئیتتیحاد»ی گرتە ئەستۆ. بەڵام دانانی ناوی لەسەر «ئیتتیحاد» وەك سەرنوسەر بۆ ساڵی ٢٠٠٥ دواکەوت. لە ژمارە ٩٧٨ کە لە ٦ی نیسانی ٢٠٠٥ دەرچووە، رەواندزی وەك چوارەم سەرنوسەری «ئیتتیحاد» بە شێوەیەکی فەرمی دەستی بە کارکردن کرد. هەر ئەو مانگە عەبدولهادی مەهدی شامار بە سکرتێری نوسینی رۆژنامەکە دانرا.

بەم پێیە، عادل موراد کە سێیەم سەرنوسەری ئیتتیحادە، لە ناو سەرنوسەرەکاندا تاکە سەرنوسەرە کەهەر سێ خولی  وەك سەرنوسەر بەڕێ کردووە. ماوەی سەرنوسەرییەکەی کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ ـ ٢٠٠٥و ئەم ماوەیە بە ژمارە ١٥١ دەست پێدەکا کە لە ئەیلولی ١٩٩٥ دەرچووەو بە ژمارە ٩٧٧ کۆتایی دێ کە لە نیسانی ٢٠٠٥ دەرچووە.

ساڵی ٢٠٠٨ «ئیتتیحاد» گەڕایەوە سەر سیستمی دانانی دوو جێگر بۆ سەرنوسەرو لەم سەروبەندەدا عەبدولهادی مەهدی شامار شانبەشانی مستەفا ساڵح کەریم بووە جێگری دووەمی سەرنوسەرو دواتر، لە شوێنی ئەودا، محەمەد سائر یوسف ئەرکی سکرتێری نوسینی گرتە ئەستۆ.

لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣دا عەبدولهادی مەهدی شامار کۆچی دوایی کردو بەم هۆیەوە «ئیتتیحاد» یەکێ لە چاکترین رۆژنامەنوسەکانی لەدەستدا.

«ئیتتیحاد» لە خولی سێیەمدا، لە گوتارە میدیاییەکەیدا زۆرتر جەختی کردۆتە سەر بەهاکانی عیراقی پاش روخانی بەعس و بانگەشەی سیستماتیکیی بۆ یەکسانی و فیدرالیزم و هاوپەیمانیی کورد و لایەنە کاراکانی پرۆسەی سیاسی کردوە و زۆر پێی لەسەر چارەسەر کردنی کێشەکان لە رێگەی دایەلۆگەوە داگرتوە. لەو قۆناغە سەختەی مێژووی عیراقدا، ئیتتیحاد سەرەڕای خراپیی رەوشی ئاسایش لە بەغدا و مەترسیی کردەوە خۆکوژییەکان و تەقینەوەی ئۆتۆمبێلە مینرێژکراوەکان، توانی

بەردەوام بێ لەسەر پەیامە رۆژنامەوانییەکەی، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥دا قەیرانی دارایی کە نزیکەی دوو ساڵ بوو باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا بوو، تەنگی بە ئیتتیحاد هەڵچنی و کاریگەریی خراپی لەسەر بەجێهێشت بە رادەیەک کە لە تەمووزی ئەو ساڵەدا رۆژنامەکە کەوتە ژێر هەڕەشەی داخستنەوە. بە کردەوە، لە ١٥ی تەموزدا پاش دەرچونی ژمارە ٣٨٢٨ رۆژنامەکە بۆ ماوەی یانزە رۆژ لە کار کەوت، بەڵام لەو ماوەیەدا توانرا بودجەی پێویستی بۆ دەستەبەر بکرێ و بەم هۆیەوە لە ٢٧ی تەمووزدا ئیتتیحاد دەستی بە دەرچون کردەوە. بەڵام لەکۆتاییدا قەیرانی دارایی تینی بۆ هێنا و لە ٨ی ئایاری ٢٠١٦دا، دوای دەرچوونی ژمارەی ٤٠١١، راگیرا.

## ئێستا (گۆڤار)




گۆڤارێکی رۆشنبیریی مانگانەیە لە ماوەی نێوان ١٩٩٦-١٩٩٩ دەرچووە.

ئەم گۆڤارە ٢٢ ژمارەی بە سێ خول لێ دەرچووە. ژمارەکانی خولی یەکەم و دووەمی گۆڤارەکە لە لایەن مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرچوون. لە خولی یەکەمدا دوو ژمارەی لە هەولێر لێ دەرچووە. ژمارە یەك لە تەموزی ١٩٩٦داو ژمارە دوو لە ئابی ١٩٩٦دا دەرچووە. لەم خولەدا گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی «ئەدەبیو هونەری» خۆی ناسیوەو بەقەبارەی ٢١ بە ٣٠ سم دەرچووە. لە خولی یەکەمدا دکتۆر عیززەددین مستەفا رەسوڵ خاوەنی ئیمتیازەو سەعدوڵڵا پەرۆش سەرنوسەرە. دەستەی نوسەران لە سەلاح شوان، رەئوف بێگەرد، نەوزاد عەلی ئەحمەدو شیرین ك پێکهاتووە.

هەردوو ژمارەکەی ئەم خولە لە بارەگای رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» تایپ و دیزاین کراون و یەکەم سەروتاری گۆڤارەکە ئاماژەیەکی رونی بۆ ئەوە تێدایە کەگۆڤارەکە کۆپییەکی پەرەپێدراوی هەوڵە بەراییەکانی دەرکردنی گۆڤارێکی ویژەیی- هونەرییە لە ناو دامەزراوەی راگەیاندندا. سەروتار رونی کردۆتەوە کە کوردستانی نوێ «بەبایەخو گرنگییەکی زۆرەوە تەماشای رۆڵی پیرۆز و کاریگەری ئەدەب و روناکبیریی میللەتەکەمانی کردووەو دەکات، سەرەتا بەتەرخان کردنی لاپەڕەیەکی رۆژانە و دواجاریش بەدەرکردنی پاشکۆیەکی هەفتانەی تایبەت بە ئەدەب و هونەر لە دوو خولدا».

هەردوو ژمارە لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کراون بەڵام لە ژمارەی لاپەڕەو جۆری کاغەزدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە. ژمارە یەك ٣٢ لاپەرەیەو کاغەزەکەی کاغەزی رۆژنامەیە، لە کاتێکدا ژمارە دوو ٤٠ لاپەڕەیەو کاغەزەکەی ٧٠ گرامییە.

رەوشی سیاسیی کوردستان لە سۆنگەی شەڕی

ناوخۆوە کاریگەریی خراپی لەسەر رەوتی دەرچونی گۆڤارەکە هەبوەو بەهۆی زیاتر ئاڵۆزبونی رەوشەکەوە دوا بەدوای گەلەکۆمەکێی پارتی دیموکراتی کوردستان و رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٩٦ لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو دەرچونی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە هەولێر، گۆڤارەکە بۆ ماوەی شەش مانگ لەکار کەوت.

خولی دووەمی گۆڤارەکە لە شوباتی ١٩٩٧ دەست پێدەکا، ئەویش بەدەرچونی ژمارە ٣ لە سلێمانی. ئەم خولە ١٥ ژمارەی لەم گۆڤارە لێ دەرچووە. لە ناو ژمارەکاندا ژمارە ١٠-١١ ژمارەیەکی دوانەیە. دوایین ژمارەی ئەم خولە، واتە ژمارە ١٧، کە لە هەمان کاتدا دوایین ژمارەیە کەمەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە، لە تشرینی دووەمی ١٩٩٨دا دەرچووە.

لەم خولەدا گۆڤارەکە دوو خاوەنی ئیمتیازی هەیە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ژمارە ٣ کە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەیە لە خولی دووەمدا، ناوی خاوەنی ئیمتیازی لەسەر نیە. لە ژمارە ٤ بەدواوە ئەرسەلان بایز بۆتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە، بەڵام لە ژمارە ٦ کە لە تەموزی ١٩٩٧ دەرچووە، دکتۆر عیززەددین مستەفا رەسول وەك خاوەنی ئیمتیاز ناوی لەسەر گۆڤارەکە دانراوەتەوە. لە ژمارە ١٤ بەدواوە گۆڤارەکە ناوی هیچ خاوەن ئیمتیازێکی لەسەر نەماوە.

سەرنوسەری ئەم خولە دڵشاد عەبدوڵلایەو بەرێوەبەری نوسین لە ژمارە ٣ وە تا ژمارە ٨ جەمال غەمبارە. ژمارەکانی پاشتر بەرێوەبەری نوسینیان نیە. دەستەی نوسەران کە بە شێوەی ئەنجومەنی نوسین گوزارشتی لێ کراوە لە یانزە ئەندام پێکهاتبوو کە ئەمانەن: رەئوف بێگەرد، عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، شێرزاد حەسەن، ئازاد بەرزنجی، قوباد جەلی زادە، ئەنوەر قەرەداغی، کەژاڵ ئەحمەد، کامەران رەئوف، شیرین ك، دلاوەر قەرەداغیو نەوزاد عەلی ئەحمەد. لە ژمارەکانی پاشتردا ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە کەمی کردووە. لە ژمارە ٤دا شێرزاد حەسەنو لە ژمارە ٦دا قوباد جەلی زادەو لە ژمارە ٨دا ئەنوەر قەرەداغی ناویان لە ئەنجومەنی نوسین نەماوە. لە ژمارە ٩دا ئەنجومەنی نوسین نەماوە. هەرچەند ناسنامەی گۆڤارەکە لەم خولەدا لەگۆڤارێکی ئەدەبیو هونەرییەوە گۆڕاوەو بۆتە «گۆڤارێکی روناکبیریی گشتی» بەڵام گۆڤارەکە هەمان ناوەڕۆکی جارانی پاراستووەو لەیەکەم سەروتاری خولەکەدا گۆڤارەکە «خۆی بە مینبەرێکی ئازادو مەسئول» ناسیوە.

ژمارەکانی خولی دووەم بە هەوڵ و رەنجی قادر میرخان کەسەرپەرشتیاری هونەریی گۆڤارەکە بووە، قەشەنگترو سەرنجڕاکێشتر خۆیان نواندووەو بەرگی پێشەوەو دواوەی هەر ژمارەیەك بە تابلۆو وێنەی ئاسەواری مێژوییو کەرەستەی فۆلکلۆریو پەیکەر و وێنەی فۆتۆگراف و سیمبولی کەلتوری رازێنراوەتەوە.

قەبارەی ژمارەکانی خولی دووەم نەختێك لە قەبارەی ژمارەکانی خولی یەکەم بچوکترە. لە ناواخندا وێنەو هێڵکاری بە شێوەیەکی فراوان سودیان لێ وەرگیراوە. لەڕوی ژمارەی لاپەڕەوە ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو ژمارانەی لەم خولە دەرچون، زۆرترە لە ژمارەی لاپەڕەکانی خولی یەکەم. ژمارە ٣و ٤و ٥و ٦و ٨ بە ١٢٠ لاپەڕە دەرچون، ژمارە ٧و ٩ یەك لەدوای یەك بە ١٣٦و ١٣٠ لاپەڕە دەرچونو ژمارەی لاپەڕەکانی ژمارەکانی تر کەوتۆتە نێوان ١٦٦و ٢٥٢ لاپەڕە.

گۆڤارەکە بە یەکێ لەگۆڤارە رۆشنبیرییە پێشکەوتووەکان دادەندرێ، هەم لەڕوی هونەرییەوە هەم لەڕوی ئاستی بابەتەکانەوە. بەدرێژایی ماوەی دەرچونی، توانیویەتی خوێنەرێکی زۆر بۆ خۆی دروست بکاو ژمارەیەکی زۆر نوسەر و لێکۆڵیارو ئەدیبەو وەرگێڕ بەلای خۆیدا رابکێشێ. بە کردەوە توانیویەتی

له ڕێی بابەتەکانییەوە پەنجەرەیەکی گەورە بە ڕوی کەلتوری جیهانیدا لەبەردەم رۆشنبیراندا بکاتەوە.

ژمارەیەکی زۆر نوسەرو ئەدیبو لێکۆڵیاری گەورە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە دکتۆر عیززەددین مستەفا رەسوڵ، لەتیف هەڵمەت، ئازاد سدیق محەمەد، مەولود ئیبراهیم حەسەن، رەئوف بێگەرد، عەتا قەرەداغی، سەلام مەنمی، یاسین فەقێ سەعید، عەباس عەبدولڕەزاق، تەلعەت تایەر، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، سامی هادی، رێبین هەردی، ئازاد بەرزنجی، کەمال نوری مەعروف، خالید سەرکار، ئەحمەد رەزا، شێرزاد حەسەن، فەرهاد پیرباڵ، محەمەد موکری، کەریم دەشتی، شیرین ك، دلاوەر قەرەداغی، حەمە کەریم هەورامی، ناهید حوسەینی، دیاری قەرەداغی، دڵشاد عەبدوڵڵا، شێرکۆ بێکەس، لیدیا شاسوار، جەمیل رۆژبەیانی، مەهاباد قەرەداغی، عەبدولموتتەلیب عەبدوڵڵا، محەمەد کەریم، هاشم سەراج، ئیسماعیل بەرزنجی، عەبدولڕەقیب یوسف، ئاوات محەمەد، غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، سۆزان مامە، نەهرۆ هەینی.

خولی سێیەمی گۆڤارەکە بە ژمارە ١٨ دەست پێ دەکاو بە ژمارە ٢٢ کۆتایی دێ. پێنج ژمارەکەی ئەم خولە لە لایەن دەزگای چاپو پەخشی سەردەمەوە دەرچون و لە یەکەم سەروتاری ئەم خولە کەشێرکۆ بێکەس، بەرپرسی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، نوسیویەتی، ئاماژە بەوە دراوە کەدەزگای سەردەم «ماڵە تازەکەی» گۆڤاری ئێستایە.

لەم خولەدا گۆڤارەکە وا خۆی ناسیوە کە «مانگنامەیەکی روناکبیریی گشتییە گرنگی بە ئەدەب و هونەری هاوچەرخ دەدات». ژمارە ١٨ کە یەکەم ژمارەی خولەکەیە لە شوباتی ١٩٩٩ دەرچووە و ژمارە ٢٢ کە دوایین ژمارەی گۆڤارەکەیە لەحوزەیرانی ١٩٩٩ دەرچووە.

لەم خولەدا گۆڤارەکە دوو سەرنوسەری بەخۆیەوە دیوە. یەکەمیان ئەکرەم قەرەداغییە کە لە ژمارە ١٨وە تا ژمارە ٢٠ سەرنوسەر بووە. دووەمیان دڵشاد عەبدوڵڵایە کە هەمان سەرنوسەری خولی دووەمەو لەخولی سێیەمدا سەرنوسەری ژمارە ٢١و ٢٢ بووە. بەڕێوەبەری نوسینی ئەم خولە دلاوەر قەرەداغییەو سەرپەرشتیارە هونەرییەکەی هەمان سەرپەرشتیاری هونەریی خولی دووەمە، واتە قادر میرخان.

لە حوزەیرانی ١٩٩٩ دا دەزگای چاپو پەخشی سەردەم بڕیاری راگرتنی گۆڤاری «ئێستا»و دەرکردنی گۆڤارێکی دیکەی بە ناوی «ئایندە»دا. گۆڤارە تازەکە لە تەموزی ١٩٩٩دا یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو. سەرنوسەرەکەی دوایین سەرنوسەری گۆڤاری «ئێستا» بوو کە دڵشاد عەبدوڵڵایە. لەیەکەم سەروتاری گۆڤاری «ئایندە» دا سەرنوسەر گۆڤارە تازەکەی بە درێژەپێدانی گۆڤاری پێشوو داناوەو نوسیویەتی «ئایندە تەواوکەری ئەو رەوتەیە کە لەگۆڤاری ئێستادا دەستمان پێ کردبوو». لە تایتڵی سەرەکیی خۆناسینیشدا «ئایندە» هەمان تایتڵی گۆڤاری «ئێستا»ی بۆ خۆناسین بەکار هێناوە.

## ئیسماعیل مەعروف رەئوف



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ساڵی ١٩٧٦ و فەرماندە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ناسراو بە شێخ سمایل. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی سندۆڵان لە ناوچەی قەڵادزێ. ساڵی ١٩٦٢ لە قەڵادزێ خراوەتە

بەر خوێندن و هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٦٨ دا خوێندنی قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ یەکێ لەو ١٥ لاوە بوو کە مەفرەزەیەکیان بە فەرماندەیی شێخ سەدرەددین شێخ حسێن پێکهێناو پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد. ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا کردو لەگەڵ هێزەکاندا چووە سەر سنوری عیراق-تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕێك چەك کە نیاز وابوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە شکستی هێناو ئامانجەکانی بەدەست نەهێنا. هەر ئەو ساڵە، یەکەم پلەی پێشمەرگایەتیی بڕی و کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە هێزی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی. ساڵی ١٩٧٩ کرایە فەرماندەی کەرت و هەر ئەو ساڵە لە چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا لە ناو شاری قەڵادزێ بریندار بوو. دوای پێکهێنانی یەکەیەك بە ناوی قوەتی پشدەر، لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی یەکەکەی پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٨٢ دا پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٤٤ی چەکوچ.

لە ماوەی ساڵانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە ساڵی ١٩٨٢ دا کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاوپەیمانییەکیان بۆ بەرپەرچدانەوەی پێشڕەویی سوپای پاسدارانی ئێران پێکهێنا، هەروەك بەشداریشی لە هەردوو ئۆپەراسیۆنی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧) کردووە. لە ساڵی ١٩٨٨داو لەسەروبەندی هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی عیراق بۆ سەر دۆڵی جافەتی لە چوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، بەشدارییەکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکاندا کرد. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ئۆردوگای ئاوارەکانی بێزیلێ گیرسایەوە.

لە ساڵی ١٩٩١ دا بەشداریی لە جێبەجێ کردنی پلانی راپەڕیندا کردو لەگەڵ ئەو هێزەدا دابەزی کە یەکەم وێستگەی، شاری رانیە بوو. دواتریش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری کەرکوکدا. هەر ئەو ساڵە کرایە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی ٣ی چەکوچ و ساڵی دواتر کرایە جێگری فەرماندەی لەشکری ٣ی چەکوچ. لە ساڵی ١٩٩٩دا لێپرسراوەتیی فەرماندەیی لەشکری ٣ی چەکوچی پێ سپێردرا. لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

## ئیشراقات کوردییە (گۆڤار)



گۆڤارێکی رۆشنبیرییە ئۆفیسی نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاهیرەی پایتەختی میسر بە زمانی عەرەبی دەری کردووە. ژمارەیەك رۆژنامەنوس و نوسەری میسری و کورد نوسینیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. یاسین رەئوف رەسول ناسراو بە مەلا یاسین خاوەنی بیرۆکەی گۆڤارەکەو سەرنوسەریێتی.

گۆڤارەکە بە ژمارەیەکی ئەزمونی دەستی پێ کردووە کە لە حوزەیرانی ٢٠١١ دا دەرچووە. لە ژمارە ئەزمونییەکەدا لێپرسراوەتییەکانی خوار سەرنوسەر بەم جۆرە دابەش کراون: بەڕێوەبەری نوسین سەید عەبدولفەتاح، سکرتێری نوسین هاوار مستەفا خان، دەرهێنانی هونەری حسین موحی، پێداچونەوەی زمانەوانی نەجاتی عەبدولقادر.

لە یەکەم سەروتاری گۆڤارەکەدا سەرنوسەر یاسین رەئوف هەندێ زانیاریی دەربارەی ناوی گۆڤارەکە بە خوێنەر داوەو رونی کردۆتەوە کە ناوی گۆڤارەکە لە بنەڕەتدا لە ناوی بەرنامەیەکی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە وەرگیراوە کە لوقمان مەحمود بە زمانی عەرەبی پێشکەشی کردووە.

گۆڤارەکە ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە ١ لە ئابی ٢٠١١، دوو مانگ پاش دەرچونی ژمارە ئەزمونییەکە، دەرچووە، دوایین ژمارە کە ژمارە ١٢ یە لە ئابی ٢٠١٣ دەرچووە.

لە ژمارە ١ دا گۆڕانکاری بەسەر لێپرسراوەتییەکاندا هات. علوانی موغیب بۆتە بەڕێوەبەری نوسین، زاهیر زەکەریا بۆتە دەرهێنەری هونەری و نەوزاد ئەسوەد جگە لەوەی کە وەك بەڕێوەبەری ئۆفیسی کوردستان ماوەتەوە، لەگەڵ هەر یەك لە عیماد عەلی، دڵشا یوسف و لوقمان مەحمود پێکەوە دەستەی نوسەرانیان پێکهێناوە. لە ژمارە ٢ دا کە لە کانونی یەکەمدا دەرچووە، دەستەی نوسەران تەنها لە لوقمان مەحمود دڵشا یوسف پێکدێ. لە ژمارەکانی کۆتاییدا دابەش کردنی لێپرسراوەتییەکان لەسەر ئەوە گیرساوەتەوە کە علوانی موغیب بەڕێوەبەری نوسینە، هاوار مستەفا خان سکرتێری نوسینە و ئەحمەد رزق دیزاینەرو دەرهێنەری هونەرییە، بەڵام لەو ژمارانەدا دەستەی نوسەران نەماوە.

گۆڤارەکە پێویستی بەوە بوو کە هەماهەنگییەکی تەواوی لەگەڵ ناوخۆی وڵاتدا هەبێ، بۆیە هەر لە سەرەتاوە پلان دانرا کە گۆڤارەکە ئۆفیسی کوردستانی هەبێ. ئەرکی ئۆفیسی کوردستان دابین کردنی کەرەستەی رۆژنامەوانی بوو، لەوانە ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن و وتار سەبارەت بە بابەتە ناوخۆییەکان . ئەم ئەرکە بۆ گۆڤارێك کە مەبەستێتی کوردو مەسەلە سیاسییەکەی و کەلتورو مێژوی بە جیهانی عەرەب بناسێنێ، بایەخێکی تایبەتی هەیە. سێ کەس یەك لە دوای یەك لێپرسراوەتیی ئۆفیسی کوردستانیان گرتۆتە ئەستۆ کە ئەمانەن: نەوزاد ئەسوەد، لوقمان مەحمود و فەتحوڵڵا حوسەینی.

ژمارەیەکی زۆر نوسەرو رۆژنامەنوس بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە، لە کورد: فەرید ئەسەسەرد، دڵشا یوسف، عەبدولکەریم زێباری، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، لوقمان مەحمود، بڵند شاڵی، ڤینۆس جەمال، دکتۆر عادل گەرمیانی، پەری شێخ ساڵح، بسار شاڵی، جەمال بەرواری، دانا ئەحمەد مستەفا، لوقمان دێرکی، فەوزی ئەتروشی، هۆشەنگ ئوسی، فەتحوڵڵا حوسەینی، عیماد عەلی، عەبدولڕەزاق بیمار و کاروان ئەنوەر. لە میسرییەکان: تامر دریدی، تارق مورسی، رەزوان نەسر، مەروان جەمەل، مەحمود زاید، علوانی موغیب، دورییە عەونی.

گۆڤارەکە بە ئەرکی خۆی زانیوە کە پانتاییەکی فراوان بۆ ناساندنی رۆشنبیری و وێژەی کوردی تەرخان بکاو لەم سەروبەندەدا چەند دیدارێکی لەگەڵ رۆشنبیرانی کورد بڵاوکردۆتەوە لەوانە لەگەڵ فەرید زامدار، ڤینۆس فایق، ستران عەبدوڵڵا، لەتیف هەڵمەت،

مەزهەر خالقی و تەیب جەبار.

لە بەرامبەردا گۆڤارەکە چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆشنبیران و ئەکتەرانی میسری و عەرەب بڵاو کردۆتەوە لەوانە هشام جەخ، کەریم مەروە، عولا غانم، یەحیا فەخەرانی، جابر عوسفور، مەی تلمسانی، سومەییە خەشاب، یوسری حەسان.

ژمارە ئەزمونییەکە لە چاپخانەی حەزارە چاپ کراوە، بەڵام ژمارەکانی تر هەر هەموی لە چاپخانەی دامـــەزراوەی روز ئەلیوسف لـە شەقامی قەسری عەینی چاپ کراون و هەر لەوێش لە لایەن دیزاینەرە میسرییەکانەوە دیزاین کراون. هەر بە هۆی ئەمەشەوە، دیزاینی گۆڤارەکە زۆر لە دیزاینی گۆڤاری «روز ئەلیوسف» دەچـێ، لـە ئاستێکی بـەرز دایــەو بە شێوەیەکی فـراوان سود لە رەنـگ و وێنەو کاپشن وەرگیراوە.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ٢٧ بە ١٩,٥ سم دەرچووە، لە کاتێکدا کە ژمارە ئەزمونییەکە بە قەبارەی ٢٩ بە ٢١ سم دەرچووە. هەموو ژمارەکان لە دوتوێی ٨٢ لاپەڕەی قــەوارە گـــەورەدا دەرچــون و لە زۆربــەی ژمارەکاندا بەرگی دواوە بۆ نمایش کردنی دیمەنێکی گەشتیاری یان سروشتی تەرخان کراوە.

## ئیللەڵڵا (شەڕ)

شـەڕێـکی هـەشـت سـەعـاتـیـیـە لـە نـێـوان هێزی پێشمەرگەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق و جاشەکان لەنزیك گوندی ئیللەڵڵای دەشتی کۆیە لە ١٠ی نیسانی ١٩٨٠.

لـەم شــەڕەدا کە هێزەکانی سوپا هەلیکۆپتەری جەنگییان تێدا لە دژی هێزی پێشمەرگە بەکار هێناوە، پێشمەرگەکانی کەرتی حاجی قەڵای سەر بە هەرێمی ٨ی دەشـتـی هەولێر زیانێکی گیانیی زۆریـان لە هێزەکانی دوژمن دا و هەلیکۆپتەرێکیشیان پێکا کە لە مەیدانی شەڕ کەوتە خوارەوە.

شەڕەکە زیانی کوژرانی دەوروبەری ٧٥ سەربازو ٨ جاش و بریندابونی نزیکەی ٥٠ سەربازی لێ کەوتەوە. هێزی پێشمەرگە ٣ کلاشنکۆفی دەست کەوت و بەبێ زیانی گیانی لە شەڕەکە دەرچوو.

شەڕی ئیللەڵڵا یەکێکە لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٠ کە هێزەکانی عیراق تێیدا زۆرترین زیانی گیانییان بەر کەوتووە.

## ئیلنجاغ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراق لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٨٧ لە ناو گوندی ئیلنجاغی ناوچەی شوان. رۆژێك پێش شەڕەکە پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی شیوەسوری سەر بەتیپی ٢٥ی خاڵخالان بە فەرماندەیی ئاسۆ سورو مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ی هەمان تیپ چوونە گوندی تورکمان باخ و شەو لەوێ مانەوە.

بەیانی، چوونە گوندی ئیلنجاغ و لەوێوە چوونە شوێنی مەبەست کە یەك چارەکە سەعات لەگوندەکەوە دوورە. لەوێ بۆسەیان لەسەر رێگاکە دانا. کاروانێکی سەربازیی گەورە کەوتە بۆسەکەوە. پێشمەرگەکان دایانە بەر گوللەو زیانێکی جەستەیی و ماددیی زۆریان لە سەربازو جاشەکانی کاروانەکەدا، دوو سەربازیان بەدیل گرت، ٨ کلاشینکۆف و یەک دەمانچەیان چنگ کـەوت و ٢ ئۆتۆمبێل و ٢ ئیڤایان تێکشکاند. لەم بۆسەیەدا یەك پێشمەرگە شەهید بوو.

پاش گەڕانەوەی پێشمەرگەکان بۆ گوندەکە، هێزەکانی سوپای عیراق بەپشتیوانیی ١٠ هەلیکۆپتەری جەنگی هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر پێشمەرگەکان.

لە مـاوەی ٤ سەعاتدا پێشمەرگەکان ٣ هێرشی

گەورەیان تێک شکاند. قۆڵێکی بەرەی شەڕ ئاسۆ سوور سەرپەرشتیی دەکرد، قۆڵەکەی تر عەزیز مارف ناسراو بە نەهرۆ قەسرۆکی. پاش بریندار بوونی عەزیز مارف، محەمەد ناروجەیی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی قۆڵەکەی گرتە ئەستۆ. شەڕ لەسەعات ١٤ەوە تا سەعات ١٨ بەردەوام بوو.

هێزەکانی عیراق گوندەکەیان پێ نەگیراو بەتێکشکاوی گەڕانەوە. هێزی پێشمەرگە ژمارەیەك شەهیدی لەم شەڕەدا هەبوو.

## ئیلنجاغ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکە دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ی کۆیە لە٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ لە نزیك گوندی ئیلنجاغی ناوچەی شوان ئەنجامیان داوە. هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە پاڵپشتی جاشەکان، بە شۆفل کەوتبووە تێکدانی گوندەکانی داربەسەر، مەرزانو ئیلنجاغ. دانیشتوانی هەر سێ گوند لەبەر تۆپبارانی بەردەوام، گوندەکانیان چۆڵ کردبوو، کەلوپەلیان بردبوە ئەشکەوتەکانو لەدەرەوەی گوند دەژیان.

دەستەیەك پێشمەرگە بە فەرماندەیی جەلال ئیلنجاغی، لە نزیك گوندەکە بۆسەیان بۆ هێزەکە دانا و هەر کە هێزەکە لە کاتی گەڕانەوەدا کەوتە ناو بۆسەکەوە، دایانە بەر ئاگری چەکەکانیان. بۆسەکە هێزەکەی دوژمنی شڵەژاندو وای کرد هەوڵی خۆڕزگارکردن بداو بەهەڵەداوان بەرەو کۆیەو تەقتەق رابکا.

چالاکییەکە کوژرانی ١٢ سەربازو بە دیل گرتنی ٤ی تری لێ کەوتەوە. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر نزیکەی ٢٠ پارچە چەکدا گرت، سەرباری گرتنی شەش ئوتومبیل و دوو شۆفڵ. لاشەی سەربازە کوژراوەکان لەسەر جادەی تەقتەق بەجی هێڵدرانو هەواڵ بۆ کاربەدەستانی تەقتەق نێردرا تا لاشەکان ببەنەوە.

## ئیلنجاغ- نێرەگین (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە ساڵی ١٩٨٦ لە هەردوو گوندی ئیلنجاغ و نێرەگین. بەپێی زانیارییەکانی هێزی پێشمەرگە، هێزێکی زۆری سوپای عیراق لە کۆیەو تەقتەق و پردێو دێگەڵەو کەسنەزانو قوشتەپە مۆڵ درابوو کە ئەمەش نیشانەی هێرشێکی بەربڵاو بوو بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە هێزی پێشمەرگەی لێ بووە. ئەو لەشکرکێشییەی کە هێزەکانی عیراق بەنیاز بون بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی بکەن، وا نەخشەی بۆ کێشرا بوو کە وەڵامی ئەو ئۆپەراسیۆنەی موشەکباران کردنی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك بێ کە هێزی پێشمەرگە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦دا ئەنجامی دابوو. بۆیە هێزی پێشمەرگە چاوەڕوانی دەکرد لەشکرکێشییەکە لەشکرکێشییەکی بەربڵاو بێ.

لە بەرەبەیانی ٢٢ی تشرینی یەکەمدا هێزەکانی عیراق لە هەشت قۆڵەوە لەشکرکێشییەکەیان بۆ سەر سنوری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان دەست پێکرد. لەگوندی ئیلنجاغی ناوچەی شوان شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لەسەعات ٨,٢٠ دەستی پێکردو فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە، هەر یەك لە عومەر حەمەد عەلی ناسراو بە دەشتی موهەندیس و قارەمان شینەو ئەحمەد کوردە و یوسف قەشقەییو سەلاح شینە، سەرپەرشتیی شەڕەکەیان کردوە. هێزەکانی عیراق زیانێکی زۆریان لێ کەوتو نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن.

لە سەعات ١٤دا ئەو هێزانەی عیراق کە لە دێگەڵەوە بەرەو گوندەکانی گۆمەشینو داربەسەر

بەرێ کەوتبون، فەرمانیان پێ درا کە ڕێڕەویان بگۆڕنو روو بکەنە ئیلنجاغ. ئەو هێزانە لە قۆڵی رۆژئاوای گوندەکەوە هێرشیان کردو چەند سەنگەرێکی پێشمەرگەیان گرت. زۆری نەخایاند هێزەکانی عیراق لەقۆڵی رۆژهەڵاتیش پێشڕەوییان کردو بۆ ئێوارە دەستیان بەسەر گوندەکەدا گرت.

لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە **٦** شەهیدو **١٠** برینداری هەبوو. لە هاووڵاتییانیش منداڵێك بە ناوی هەوراز ئازاد شەهید بوو، **٢٦** هاووڵاتیی دیکەش دەستگیر کران. ئەو هاووڵاتییانە وەك دیل راپێچی سەربازگەکان کران و دواتر، پاش یەك مانگ، ئازاد کران.

هەمان رۆژ بەشێکی تری هێزەکانی لەشکرکێشییەکە لەگوندی نێرەگینی سەر بە قەزای کۆیە روبەڕوی هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمودو ئازاد داربەسەریو شەفیق چاوشین و چەند پێشمەرگەیەکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بونەوە. شەڕەکە تا ئێوارە درێژەی کێشا. زیانێکی زۆر لە هێزەکانی عیراق کەوت. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو. لەشکرکێشییەکە ئەو ئامانجانەی پێ بەدی نەهات کە بۆی دیاری کرابون.

## ئێندزێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری و هێزێکی سوپای عیراق لە نزیك گوندی ئێندزێ لە ناوچەی پشدەر لە **٢١**ی تەموزی **١٩٧٨**. لە ئاکامدا ٨ سەرباز کوژران.

## بابەکر درەیی



نوسەری سیاسی. ناوی تەواوی ئەبوبەکر حسێن مستەفا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤ی گوندی دڕی لە ناوچەی ماوەت. دەرچووی کۆلێجی یاسای زانکۆی سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٨ گوندەکەیان تێکدرا و دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای کارێزە راگوێزران. لەوێ، لە ساڵی ١٩٨١دا، پەیوەندیی بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٢ بڕیاری دەستگیرکردنی لە لایەن دەزگای ئەمنەوە دەرچوو، ئەویش چووە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی رژێمی بەعس و ناوچەکانی سەر سنورو هەندێ جار ناوچەکانی کوردستانی ئێران.

ساڵی ١٩٨٥ پشتگیریی لەگروپی ئاڵای شۆڕش کردو وازی لە کۆمەڵەی رەنجدەران هێناو وەك هەڵسوڕاوێکی ئەو گروپە کاری سیاسیی کرد، ساڵی ١٩٨٦ دوای ئەوەی کە گروپی ئاڵای شۆڕش بارەگای لەئۆردوگای زێوە لە ناوچەی ورمێی ئێران دانا، لەوێ گیرسایەوەو لەو ماوەیەدا چەند نوسینێکی لەگۆڤارە کوردییەکانی ئەوروپاو پاکستان بڵاوکردەوە.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە مانگی شوباتدا لە کاتی بەستنی یەکەم کۆنفرەنسی گروپی ئاڵای شۆڕشدا ریزەکانی ئەم گروپەی بەجێ هێشت. ساڵی ١٩٩٣ وەك کادیرێکی بەشی راگەیاندنی مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی دەستبەکار بوو. پاشان وەك جێگری لێپرسراوی راگەیاندنی مەڵبەند لەسەرجەم چالاکییەکانی راگەیاندندا بەشداریی کردو لەو ماوەیەدا نامیلکەیەکی بە ناونیشانی «کورتەیەك دەربارەی سیستمی نوێی جیهان» بڵاوکردەوەو لەم رووەوە سوپاسنامەی لە لایەن مەکتەبی رێکخستنەوە ئاراستە کرا.

ساڵی ١٩٩٤ بووە کارگێڕی مەڵبەندی ٨ی راپەڕین و بۆ ساڵی پاشتر لێپرسراوەتیی کۆمیتەی رێکخستنی پشدەری گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩٦ بووە سەرپەرشتیاری لەشکری کاروخ لەفەرماندەیی هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٩٧ کوردستانی بەجێ هێشت و لە بریتانیا گیرسایەوە. لەوێ بەشدار بوو لە چالاکییە رۆشنبیرییەکانی بڵاوکراوەو میدیاکانی کوردو ٤ ساڵیش وەك ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی لەبرۆکسل چالاکیی نواند. ساڵی ١٩٩٩ بووە لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی بریتانیای یەکێتی و ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان.

ساڵی ٢٠٠٥ بووە ئەندامی مەکتەبی بیر و هۆشیاری و لە مانگی ئابی ٢٠٠٦دا بووە لێپرسراوی راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی.

ساڵی ٢٠٠٦ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو چووە ریزی ئەو رەوتەی کە دواتر بزووتنەوەی گۆڕانی دامەزراند. ساڵی ٢٠٠٧ لە کۆمپانیای وشە کاری کردو ئەرکی وتەبێژی کۆمپانیاکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٨ سەرپەرشتیی سایتی سبەی کردو لە ساڵی ٢٠٠٩دا بووە لێپرسراوی رایەڵەی پیشەکانی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان. ساڵی ٢٠١٠ بووە بەڕێوەبەری کۆمپانیای وشە.

ساڵی ٢٠١٥ کرایە بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیری و هونەری پارێزگای سلێمانی.

دیارترین بەرهەمەکانی: «کام رێگا؟» (٢٠٠٤)، «کورد و عروبە» (٢٠٠٥).

## بابە گوڕگوڕ (رۆژنامە)


بابە گوڕگوڕ
کێشەی کەرکوک کێشەی هەموو گەلی کوردستانە
مانگرتن لە پێناوی ئازادی و ئاشتی و دژی برسیەتی

رۆژنامەیەکە مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوک لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٢ دەری کردووە. تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە، یەکێکیان لە ساڵی ١٩٩١و ئەوی تر لە ساڵی ١٩٩٢.

بابەتەکانی رۆژنامەکە لەگوندی گۆپاڵەی ناوچەی بازیان ئامادە کراون چونکە لەو کاتەدا بارەگای مەڵبەند لەگوندی گۆپاڵە بووە. رۆژنامەکە بەقەبارەی ٤٧ بە ٣١,٥سم دەرچووە. دیزاینەکەی لە ئاستێکی پێشکەوتوو دایەو لە لاپەڕەی یەکەم و دوا لاپەڕەدا رەنگ بەکار هاتووە. هەردوو ژمارە لە هەولێر لە چاپخانەی رۆشنبیری دیزاین و چاپ کراون.

رۆژنامەکە لەو روانگەیەوە کەمەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوک دەری کردووە، زۆرتر بایەخی بە کاروباری کەرکوک داوە. هەردوو ژمارە مانشێتی سەرەکییان هەیە.

ژمارە یەك لەکانونی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووەو چەند بابەتێکی گرنگی لەخۆ گرتووە لەوانە بابەتێك بە ناونیشانی «کەرکوك مەڵبەندی ویلایەتی شارەزور» کە عەبدولرەقیب یوسف نوسیویەتی، هەروەها بابەتێکی دیکەشی بە ناونیشانی «قۆناغەکانی بەعەرەب کردنی کوردستان» بڵاوکردۆتەوە کە ئەمین قادر مینە نوسیویەتی، سەرباری بابەتێکی تر بە ناونیشانی «دەربارەی تالآن کردن» کەنەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا بە ناوی خوازراو نوسیویەتیو تێیدا ئەم دیاردەیەی شی کردۆتەوە، هۆو پاڵنەرەکانی دیاری کردووەو داوای کردووە سنورێکی بۆ دابندرێو چاوپۆشی لە ئەنجامدەرەکانی نەکرێ.

ژمارەکە لە دوتوێی ٨ لاپەڕەدا باسی چەند بابەتێکی گشتیشی کردووە وەك رومالّ کردنی هەواڵی ئەو مانگرتنانەی کەبۆ ماوەی زیاد لەمانگێك سلێمانیو هەولێریان گرتبۆوەو تێیدا مانگرتووەکان چەردەیەك داخوازییان بەنەتەوە یەکگرتووەکان دابوو لەوانە ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکانو هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر کوردستانو پاراستنی کوردستان لەهەڕەشەکانی سوپای عیراق، سەرباری ئەوەی کەژمارەکە بایەخی بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ داوەو چاوپێکەوتنێکیشی لەگەڵ فەرماندە هێزی دووی قەرەداغ عوسمان حاجی مەحمود بڵاوکردۆتەوە.

ژمارە دووی رۆژنامەکە ژمارەیەکی تایبەت بە چوارەم ساڵرۆژی شەهیدبونی ئازاد هەورامییە. لەم سۆنگەیەوە ژمارەکە لە٣١ی ئابی ١٩٩٢ دەرچووە و هەموو بابەتەکانی بۆ ئەو یادە تەرخان کردوە. ژمارەکە چوار لاپەڕەیە و مانشێتە سەرەکییەکەی لە

ژێر سەردێڕی «ئازاد هەورامی: تەمەنێکی کورت و خەباتێکی درێژخایەن» گوزارشتی لە ناوەڕۆکی هەموو بابەتەکان کردووە.

سەروتاری ژمارەکە بۆ یادەکە تەرخان کراوەو بەتەنیشت سەروتارەکەوە بەیاننامەی مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوك سەبارەت بەیادەکە بڵاوکراوەتەوە، سەرباری بڵاوکردنەوەی ژیاننامەی هەورامی.

لە لاپەڕەکانی تردا پێنج هۆنراوەی هەورامیو هۆنراوەیەکی شێرکۆ بێکەس کە هەورامی ئاوازی بۆ داناوەو خۆی وتویەتی، بڵاوکراوەتەوە.

لە ژمارەکەدا نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا وەك هاوڕێی هەورامی و شیرین عەبدولمەجید وەك خوشکی، بابەتیان بڵاوکردۆتەوە.

## بارۆیی (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو جاشەکان لەگوندی بارۆیی گەورە لە ناوچەی بازیان لە١٥ی ئابی ١٩٧٧. مەفرەزەیەکی پێشمەرگە کە لە٨ پێشمەرگە پێکهاتبوو، لە کاتێکدا کە لەگوندی بارۆیی گەورە بوو، هەواڵی پێ گەیشت کە جاشەکان لەسەر رێی بارۆیی گەورەو بارۆیی بچوك خۆیان لەبۆسە ناوەو چاوەڕێن پێشمەرگەکان بارۆیی گەورە بەجێ بێڵنو رێگای بارۆیی بچوك بگرنە بەر.

دوا بەدوای ئەم هەواڵە، مەفرەزەکە نەخشەی لێدانی جاشەکانی داناو بەپێی ئەو نەخشەیە پێشمەرگەکان دوو دوو لەچوار قۆڵەوە لە سەعات ١٠,٣٠ هێرشیان کردە سەر جاشەکان.

ژمارەی جاشەکان نزیکەی ٢٥ جاش دەبوو. سەرباری ئەوەی کە ژمارەیان لە ژمارەی پێشمەرگەکان زیاتر بوو، چەكو تفاقی باشتریشیان پێ بوو. لەسەعاتی یەکەمی پێکدادانەکەدا پێشمەرگە رێبوار ئەحمەد تاپۆ ناسراو بە جوتیار شەهید بوو. دوو لەهاوڕێکانی بۆ ئەوەی تەرمی نەکەوێتە دەست جاشەکان، لەمەیدانی شەڕ گواستیانەوەو بردییانە گوندی سەرزەل.

شەڕەکە تا پاش نیوەڕۆ درێژەی کێشا. سەعات ١٦ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەگوندی گوڕبازەوە بەفریای پێشمەرگەکان چوو بەڵام پێشمەرگەکانی ئەو مەفرەزەیە لە سەرەتادا پێشمەرگەو جاشەکانیان لێك جیا نەکردەوەو بەهەڵە تەقەیان لەپێشمەرگەکان کردو لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەك بریندار بوو. دواتر، پاش ئەوەی لێك ئاشکرا بون، پێکەوە هێرشیان کردە سەر جاشەکانو ناچاریان کردن سەنگەرەکانیان بەجێ بێڵن.

پێکدادانەکە کوژرانی ٣ جاشی لێ کەوتەوە، لەوانە سەردەستەی مەفرەزەی جاشەکان فەرهادی مەلا رەزا کە سەر بە دەزگای ئەمنی سلێمانی بوو و دەستی لەشەهیدکردنی ١١ تێکۆشەردا هەبوو. هەروەها هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر دوو کلاشنکۆف و دەمانچەیەکدا گرت.

لە پێشمەرگەکان، سەرباری شەهیدبونی یەك پێشمەرگە، دووانی تریش بریندار بون.

## بارەپارە (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکیی دەستگیرکردنی سێ ئەندازیاری فلیپینی لەگوندی بارەپارە لە ناوچەی گەرمیان. لە٣ی تەموزی ساڵی ١٩٨٧ مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان لە پرۆژەی پەلەوەری گوندی بارەپارە کەدوو سەعاتە رێ لە خواروی هێڵی ئاسنینی بەغدا- کەرکوکەوەیە، دوو ئەندازیاری کارەباو یەك ئەندازیاری میکانیکی بەرەگەز فلیپینیی گرت بە ناوی ریبیل روباریوو، سی سرئیکاراندۆم و لیندۆ پیلاکروز.

دەربـــارەی دەسـتـگـیـرکـردنـی سـێ ئـەنـدازیـارە فلیپپینییەکە، نـوێـنـەری یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەندەران بە ئاژانسی هەواڵی رۆیتەری راگەیاند کەبۆ ئازادکردنی هاوولاتییە فلیپپینییە دەستگیرکراوەکان، پێویستە لەسەر حکومەتی فلیپین گوشار بخاتە سەر حکومەتی عیراق بۆ ئازادکردنی ٢٢٨ لاوو منداڵی کورد کەحکومەتی عیراق لە شاری سلێمانی گرتبونی بە مەبەستی دروست کردنی فشار لەسەر باوك و کەسوکاریان کەپێشمەرگە بون. نوێنەری یەکێتی ئەوەشی راگەیاند کە کەسوکاری ئەندازیارە دەستگیرکراوەکان دەتوانن نامەو شتومەکیان بۆ بنێرنو لە رێی ئۆفیسەکانی نوێنەرایەتیی یەکێتی لەئەوروپاو دیمەشقو تاران دەتوانن پەیوەندییان پێوە بکەن.

دەستگیرکردنی ئەندازیارە فلیپپینییەکان یارمەتیی وروژاندنی مەسەلەی گیرانی ٢٢٨ لاوو منداڵەکەی شاری سلێمانیی داو بەستنەوەی ئازادکردنی ئەندازیارە فلیپپینییەکان بە ئازادکردنی لاوو منداڵە کوردەکانەوە فشاری لەسەر حکومەتی عیراق دروست کرد. دوا بەدوای ئەم چالاکییە و وروژانی مەسەلەی گیرانی لاوو منداڵەکانی سلێمانی لە میدیاکانی جیهاندا، حکومەتی عیراق وردە وردە دەستی بە ئازادکردنی لاوو منداڵەکان کرد. هێزی پێشمەرگەش ئەندازیارە فلیپپینییەکانی بەردا.

## بازگەی کەرکوک (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنێکە مەفرەزەیەکی تیپی ٢١ی کەرکوك شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ ئەنجامی داوەو تێیدا بازگەی کەرکوك- سلێمانی لە دەروازەی شاری کەرکوك کۆنترۆڵ کراوە. ئەو مەفرەزەیەی کە ئەم ئۆپەراسیۆنەی ئەنجام داوە، لە٩ پێشمەرگە بە فەرماندەیی کەریم محەمەد ئەمین رەزا پێك هاتبوو.

بازگەکە یەك کیلۆمەتر لەگەڕەکی ئیسکانی تازەوە دور بوو. لەبەر نزیکیی بازگەکە لە کەرکوك، دەبوایە ئۆپەراسیۆنەکە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەنجام بـدرێو لـەم سۆنگەیەوە پێشمەرگەکان هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر ئەمنو سەرباز و پۆلیسەکانی بازگەکەو بەچاوتروکانێك دەستیان بەسەردا گرت. بەڵام یەکێ لە بریندارەکانی بازگەکە دەستڕێژێکی کـردو دوو پێشمەرگەی شەهید کـرد کەیەکێکیان فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکە، کەریم محەمەد ئەمین رەزاو ئەوی تر فەرماندەی مەفرەزە عادل رەشید کانی گەوهەری بوو.

ئۆپەراسیۆنەکە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، چونکە یەکەم جار بوو پێشمەرگە بتوانێ ئەوەندە لە کەرکوك نزیك ببێتەوەو دەست لە پێگەیەك بوەشێنێ کە تەنها یەك کیلۆمەتر لە کەرکوکەوە دور بوو.

ژیاننامەی شەهیدەکان

کەریم محەمەد ئەمین رەزا:

ناسراو بەکەریم نۆکەڵە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی چەمچەماڵ. بەشداریی شۆڕشی ئەیلولی کردووەو دوو جار لەو شۆڕشە بریندار بووە.

سـاڵـی ١٩٧٧ پـەیـوەنـدیـی بـە رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کـردووەو ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٢و لەوێ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٢، پاش پێکهێنانی تیپی ٢١ی کەرکوك، لە سنوری ئەو تیپە درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی داوەو بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی سنورەکەدا کردووە لەوانە شەڕی هەیدەر بەگ‌و شەڕەکانی سەر رێگای گشتیی چەمچەماڵ- کەرکوك.

عادل رەشید کانی گەوهەری:

لـەدایـکـبـوی سـاڵـی ١٩٥٢ی گـونـدی کانی گەوهەری نـــاوچەی چـــەمچەماڵ. سـاڵی ١٩٧٩

پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە و هەمان ساڵ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی دوو.

لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە و لە ساڵی ١٩٨١دا بریندار کراوە. دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی چواری خاڵخاڵان لە تیپی ٢١ی کەرکوك.

## بافڵ تاڵەبانی



هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی بافڵ جەلال حوسامەددین تاڵەبانی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٣ی شاری بەغدا. باوکی، جەلال تاڵەبانییە، سیاسەتمەداری گەورەی کورد و دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی کۆماری عیراق لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠١٤. دایکی، هێرۆ برایم ئەحمەدە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی. باپیری، لە دایکییەوە، برایم ئەحمەدە، سیاسەتمەداری گەورەی کورد و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم.

تافی منداڵیی لە دەرەوەی وڵات، لە لوبنان و سوریا، بەسەر بردووە. پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ڕابەرایەتی کردنی شۆڕشی نوێ، لەگەڵ دایکی و قوبادی برا بچوکی و شانازی پوری و برایم ئەحمەدی باپیرەی، لە بریتانیا ژیاوە. دواتر، لە ساڵی ١٩٧٩دا، هێرۆ خانی دایکی، هەردوو کوڕەکەی



بە باوك و خوشکی سپارد و خۆی چوو بۆ لای تاڵەبانی لە ناوزەنگ. لێرە بە دواوە، برایم ئەحمەدی باپیرەی و گەلاوێژ خانی نەنکی، پێکەوە، ئەرکی پەروەردەکردنی دوو کوڕەکەیان گرتە ئەستۆ.

بافڵ لە بریتانیا خرایە بەر خوێندن. لە تافی هەرزەکاریدا مەیلێك بەلای هونەردا لە ناخیدا چەکەرەی کرد. زۆری نەبرد لە شاری نۆتنگ هڵ بۆ چەند مانگێك سەرقاڵی خولێکی درێژخایەنی دیزاین و گرافیك بوو.

لەو ماوەیەی کە لە ئەوروپا ژیاوە، ئەرکی پاراستنی تاڵەبانیی باوکی گرتۆتە ئەستۆ لە کاتی سەردانەکانی بۆ وڵاتانی ئەوروپا و لەم سەروبەندەدا چەند خولێکی عەسکەریی لە بریتانیا و فەرەنسا دیوە و لێپرسراوەتیی تیمی پاسەوانانی تاڵەبانیی لە ئەستۆ گرتووە.

ساڵی ٢٠٠٣ دوا بە دوای ڕوخانی ڕژێمی عیراق، گەڕایەوە بۆ عیراق و بە هاوکاریی ئەمریکییەکان دەزگای دژە تیرۆری دامەزراند. ئەم دەزگایە چەند ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتووی دژی تیرۆریستەکان لە بەغدا، کەرکوك، بەعقوبە، دوزخورماتوو، مقدادیە، موسڵ و فەللوجە ئەنجام دا. لە ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣، لە کاتی نەخۆشییە درێژخایەنەکەی تاڵەبانی، لە برلین لەگەڵی مایەوە.

ساڵی ٢٠١٨ لە سەروبەندەی قەیرانی جیابونەوەی دکتۆر بەرهەم ساڵحدا، ڕایەڵە پچڕاوەکانی لەگەڵ دروست کردەوە و ڕابەرایەتیی پرۆسەیەکی کرد کە لەسەر ئاستی ناوخۆ کۆسرەت ڕەسول عەلی و لاهور شێخ جەنگی و

لەسەر ئاستی دەرەکی ئەمریکییەکان و ئێرانییەکان پشتگیرییان کرد و سەرەنجامەکەی بە گەیاندنی بەرهەم ساڵح بە سەرۆکایەتیی عیراق کۆتایی هات.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی کەرکوك، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ١٨ی شوباتی ٢٠٢٠ دا خۆی و لاهور شێخ جەنگی بە هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردران.

## باقی بارزانی*



ناوی تەواوی عەبدولباقی حەسەن محەمەد ئەمین حەسەن ناسراو بە باقی بارزانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی گردە ڕەشەی سەر بە ناحیەی کەڵەك (ناحیەی ئێستای خەبات). لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرە کە لە ساڵی ١٩٤٥ دا بە هۆی کوردایەتییەوە چونەتە ئێران و لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی جێگیر بوون. باوکی، حەسەن محەمەد ئەمین حەسەن، لە ساڵی ١٩٤٦دا بەشداریی لە کۆماری مەهابادا کردووە. پاش روخانی کۆمار گەڕاوەتەوە بۆ عیراق، لەگەڵ ئەو بارزانییانەی کە بەشدارییان لە سوپای کۆماری مەهابادا کردووە دەستگیر کراوە، دراوەتە دادگاو شەش ساڵ لە کەرکوك زیندانی کراوە. باپیری باقی لە ئێران شەهید بووەو تەرمەکەی لەوێ بەجێ ماوە.

باقی بە ڕەچەڵەك سەر بە عەشیرەتی شێروانییە لە باکوری پارێزگای هەولێر. باوکی دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٥٣ لە زیندان ئازاد کراوە، لە گوندی گردە رەشە نیشتەجێ کراوە. باقیش لەوێ لەدایك بووە.

پاش روخانی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆمار لەعیراق لە ساڵی ١٩٥٨، ئاوارە بارزانییەکان گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان و لەم سەروبەندەدا بنەماڵەی باقی گەڕایەوە بۆ مێرگەسۆر، باقی لەوێ خرایە بەر خوێندن و تا پۆلی چوارەمی ئامادەیی خوێندویەتی.

ساڵی ١٩٧٤، پاش کۆتایی هاتنی ساڵانی ئاشتی و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بووە پێشمەرگە. لە سەرەتادا لە بەشی ئەندازیاریی عەسکەریدا، لە بواری دانان و هەڵگرتنەوەی مین دا، کاری کردووەو پاشان گوێزراوەتەوە بۆ بەشی بەرگریی ئاسمانی. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی. لەگەڵ دەستپێکی شاڵاوی راگواستنی گوندەکاندا، بارزانییەکان بڵاوەیان پێ کراو بەسەر چەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێدا دابەش کران. باقی و ژمارەیەکی زۆری کەسوکاری، لەئۆردوگاکەی نزیك قوشتەپە نیشتەجێ کران.

لە سەرەتای هەشتاکاندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەونێکی رێکخراوەیی بە هێزی لە ناو بارزانییەکانی ئۆردوگا زۆرەملێکەی قوشتەپەدا دروست کردبوو. لەم سەروبەندەدا باقی بارزانی و ژمارەیەکی زۆری بارزانییەکانی ئۆردوگاکە پەیوەندییەکی رێکخراوەییان لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان پێك هێنا. باقی لەو بارزانییانە بوو کە پەیوەندییان بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردبوو. ساڵی ١٩٨٣ لە سەروبەندی شاڵاوی جینۆسایدی بارزانییەکاندا، باقی و ژمارەیەکی بەرچاوی بارزانییەکان لە شاڵاوەکە رزگاریان بوو و بێ سەروشوێن نەکران. هەر ئەو ساڵە لە مانگی ئابدا لەگەڵ ١٩ بارزانیی تردا کە کەسوکاریان لە شاڵاوی جینۆسایدەکەدا بێ سەروشوێن کرابون، لە

دەشتی هەولێر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کە لەو کاتەدا شاخەوان عەباس فەرماندەی بووە، مەفرەزەیەکی لە بارزانییەکان بۆ پێك هێنرا. زۆری نەبرد، بە شایستەیی خۆی، پلەکەی لە فەرماندەی مەفرەزەوە بۆ جێگری فەرماندەی کەرت و پاشان بۆ فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەرز کرایەوە. ژمارەی پێشمەرگە بارزانییەکانی کەرتەکەی گەیشتە ٩٥ پێشمەرگە. لەم سەروبەندەدا کەرتەکە بارەگای لەگوندی سماقوڵیی سەروچاوەی سنوری قەزای کۆیە دانا.

تەمەنی پێشمەرگایەتیی نزیکەی دوو ساڵ بوو. لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی قەشقەو خوڕخوڕ لە نزیك تەقتەق و دوو ئۆپەراسیۆنە گەورەکەی ساڵی ١٩٨٣ی بێتواتەو قەندیل و لەمەی دواییدا بریندار بووە.

بەپێی گێڕانەوەی جەلال ئیلنجاغی کە جێگری باقی بارزانی بوو لە فەرماندەیی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، باقی بارزانی کادیرێکی «رۆشنبیر» بووەو لە ناو بارزانییەکاندا «سەنگ و پێگەی خۆی هەبوە». هەروەها رەهبەر سەید برایم بەرزنجی لە کتێبی «گڕدار» دا دەربارەی باقی بارزانی نوسیویەتی «مێرخاسێکی بەجەوهەرو بەجەماوەر بوو، خاوەن رابردویەکی پاك و کوردپەروەر بوو، خوێندەوارو ژیرو روناکبیر، عاشقی خوێندنەوە بوو».

لە ٧ی ئازاری ١٩٨٥دا لە شەڕێکی سەختدا لە گوندی ئازیانەی دەوروبەری قوشتەپە لەگەڵ پێشمەرگەیەك بە ناوی موحسین حەمەد ساڵح حەمەد ئیلنجاغی شەهید بوو.

بابەتی پەیوەندیدار:

* ئازیانە (شەڕ).

## باڵەبان (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگە پارتیزانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرە. سەعات ٢١ی رۆژی ٣٠ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ دەستەیەکی پارتیزان هەڵمەتی بردە سەر رەبیەی گوندی باڵەبان لە بەشی شەرغەی ناوچەی دێدەوان و لە ماوەیەکی کورتدا توانییان رەبیەکە بەسەر جاشەکاندا بڕوخێنن، سێ جاش بکوژن و دوو جاشی تر بریندار بکەن.

لەم سەروبەندەدا هێزێکی سوپای عیراق بەفریای رەبیەکەوە چوو، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کەپێشمەرگەکان نەتوانن دەست بەسەر چەکەکاندا بگرنو ناسنامەی کوژراوەکان وەدەست بێنن. پێشمەرگەکان هیچ زیانێکیان نەبوو.

## باڵەك (هەرێم)

هەرێمی ٧ی باڵەك. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ لە ناوچەی باڵەکایەتی پێك هێنراوەو یەکەم فەرماندەی سەید کەریم هاودیانییە. لە ساڵی ١٩٧٨دا، بەتایبەتی پاش چونی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر سنوری عیراق- تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە نیاز وابوو لە سوریاوە بگاتە دەست هێزی پێشمەرگەو گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتی لەگوندی نۆکانەوە بۆ چیای قەندیل، هێزی پێشمەرگەی سنوری ئەم هەرێمە رۆڵێکی گەورەی لە پاراستنی بارەگای سەرکردایەتیو دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەیدا هەبوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩ زێڕۆ عەبدوڵلا فەرماندەی هەرێمەکە بووە. پاشان حاجی حاجی برایم لەسەر لیستی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان جێی گرتەوە، بەڵام لەبەر جیابونەوەی بزوتنەوە فریا

نەکەوت لێپرسراوەتییەکە وەرگرێ. بۆیە عەریف عەلی بە شێوەیەکی کاتی لێپرسراوەتیی هەرێمەکەی گرتە ئەستۆ. دواتر دارا جەلال حەفید تا ساڵی ١٩٨١ فەرماندەی هەرێمەکە بوو. لە ساڵی ١٩٨١ ئەرکی بەڕێوەبردنی هەرێمەکە بە قادر خەبات سپێردرا کە جێگری فەرماندەی هەرێم بوو. دانانی فەرماندەیەکی تازە بۆ هەرێمەکە تا ساڵی ١٩٨٢ بە هەڵپەسێردراوی مایەوە.

فەرماندەی کەرتەکانی هەرێمەکە ئەمانەن: عەلی کۆیلەیی، نەبی چالاك، برایم حاجی کوێخا، ئەحمەد مەولود، برایم نەبی، مەلای مەلا مەحمود، مامەند مەمی خەلی، مستەفا گورونی، رەسول حاجی کوێخا، کەمال حاجی خدر ئێنەیی‌و رەحمان سەیدە.

ساڵی ١٩٧٩ دوا بەدوای پەیوەندی کردنی حەسەن کوێستانی بە هێزی پێشمەرگەوەو کارکردنی وەك لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی ئازادی‌و رابەری سیاسیی هەرێمی ٧ی باڵەك، رێکخستن لە سنوری هەرێمەکە زۆر گەشەی کردو ئاستی هۆشیاریی گشتیش هەڵکشانی بەخۆیەوە بینی.

سنوری هەرێمەکە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٢ شەڕی گەورەی بە خۆیەوە دیوە لەوانە شەڕەکانی گابیرێزو کەڵەکی باڵەیان‌و قۆپی شێخ ناسر.

ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بەسیستمی تیپەکان، دوو تیپ لە هەرێمەکە پێك هێنران کە بریتی بون لە تیپی ٧٤ی باڵەك و تیپی ٧٨ی کاروخ.

## باڵەك (تیپ)

تیپی ٧٤ی باڵەك. ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، لە بەشێکی قەڵەمڕەوی هەرێمی ٧ی باڵەك دامەزراوە. تیپەکە یەکێ لەو تیپانە بوو کە سەر بە مەڵبەندی ٣ بوو. سنوری، ناوچەکانی قەندیل و دۆڵی باڵەیان و ناودەشتی گرتۆتەوەو لە باشوردا تا گوندەکانی پشتاشان و قڕناقا درێژ بۆتەوە. ئەم سنورە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٣ بایەخێکی تایبەتی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو چونکە سنورەکە ئەڵقەی پێك گەیاندنی پارێزگای هەولێرو ناوچەی سەرکردایەتی بوو. هەروەها قەڵەمڕەوەکە لە ساڵی ١٩٨٨یش، بایەخێکی ستراتیجیی هەبوە چونکە رێگای کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندی ٣ی پێدا تێپەڕیوە. پێشتریش زۆر جار ئەم رێگایە بۆ بردنی نەخۆش و بریندارانی پێشمەرگە بۆ ئێران سودی لێ وەرگیراوە.

بارەگای تیپەکە لە سەرەتای دامەزراندندا لە گوندی ماونان بوو. یەکەم فەرماندەی تیپەکە قادر خەباتە کە بەر لەوەی ببێ بە فەرماندەی تیپەکە، جێگری فەرماندەی هەرێمی ٧ی باڵەك بوو و ماوەیەك پاش گواستنەوەی فەرماندەی هەرێمەکە دارا جەلال حەفید، ئەرکی بەڕێوەبردنی هەرێمەکەی پێ سپێردرابوو. بۆیە هەر کە هەرێمەکە کرایە تیپ، قادر خەباتیش دەم و دەست کرایە فەرماندەی. پاش قادر خەبات، تیپەکە چوار فەرماندەی بە خۆیەوە بینی.

بە درێژایی ماوەی ساڵانی ١٩٨٢-١٩٩١، چەند کادیرێکی عەسکەری، لە قۆناغی جیا جیادا، لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی تیپیان گرتۆتە ئەستۆ کە ئەمانەن: رەحمان سەیدە، برایم حاجی کوێخا، عوسمان بچکۆڵ، سمایل وەرتی. هەروەها تیپەکە ژمارەیەك فەرماندەی کەرتی هەبوە کە رۆڵێکی بەرچاویان لە چالاکییەکانی تیپەکەدا هەبوە لەوانە نەبی چالاك، عەلی کۆیلەیی، محەمەد حەسەن رەسول ئەحمەد، برایم حاجی کوێخا، رەسول حاجی کوێخا، فەقێ مستەفا بورهانی.

ساڵی ١٩٨٥ قادر خەبات لێپرسراوەتیی دیکەی لە تیپەکانی تر پێ سپێردراو لەم سەروبەندەدا برایم حاجی کوێخا جێی گرتەوەو بووە فەرماندەی تیپەکە. دوای ئەوەی کە برایم حاجی کوێخا لە ساڵی ١٩٨٦دا لە شەڕی قۆپی ئەستێرێ شەهید بوو، رەسولی برای جێی گرتەوە. ساڵی دواتر رەسولیش شەهید بوو. پاش شەهیدبونی رەسول، عوسمان بچکۆل فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا.

لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨، تیپی ٧٤ی باڵەك رۆڵێکی گەورەی لە پاراستنی سنوری مەڵبەندی ٣و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا گێڕا، هەروەك رۆڵێکی گەورەشی لە فریاکەوتنی خەڵکی ناوچەکەو رزگارکردنیان لە هێرشە کیمیاییەکانی هێزەکانی عیراقدا هەبوو. هەرچەند تیپەکە لەو قۆناغەدا هەم لە بەرەنگاربونەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا سەرکەوتوو بوو هەم لە دەربازکردنی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ ئەودیوی سنور، بەڵام قورسیی ئەرکەکەو سەختیی روبەڕوبونەوە عەسکەرییەکە، تیپەکەی لەبەریەك هەڵوەشاندەوە.

بنیاتنانەوەی تیپەکە نزیکەی ساڵێکی خایاند. لە ساڵی ١٩٨٩ دا تیپەکە لە چوارچێوەی کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، رێك خرایەوەو بارەگاکەی برایە گوندی بادیناوێ. رەحمان سەیدە کرایە فەرماندەی تیپەکەو عوسمان بچکۆڵ بووە جێگری. لە ساڵی ١٩٩١ لە کاتی راپەڕیندا، تیپەکە رۆڵێکی کارای لە رزگارکردنی ناوچەکان و راوەدونانی هێزەکانی عیراقدا گێڕا، هەروەك بەشدارییەکی کاراشی لە ئۆپەراسیۆنی کەرکوکدا کرد.

## باڵەیان (شەڕ)

شەڕێکی سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی نوێیە لە نێوان هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی قادر خەبات و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ هێرشی هێنابووە سەر دۆڵی باڵەیان لە باکوری پارێزگای هەولێر.

هێزی پێشمەرگە لە لایەن رێکخستنەکانی ناوچەی باڵەکایەتییەوە ئاگادار کرابۆوە کەهێزەکانی عیراق بەنیازی هێرشن بۆ سەر ناوچەکە. قادر خەبات هێزەکانی بەسەر چوار گروپدا دابەش کرد: گروپی یەکەم کەخۆی سەرپەرشتیی دەکرد، بۆ کۆنترۆڵ کردنی رێگای گشتیی دۆڵی باڵەیانو ئەم قۆڵە لەپێشی پێشەوە بوو، گروپی دووەم بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەرزاییەکانی کەدەڕواننە سەر گۆڕستانی گوندی وەسانێ، گروپی سێیەم بۆ کۆنترۆڵ کردنی گردی سولێ کە دەڕوانێتە سەر روباری دۆڵی باڵەیانو گروپی چوارەم بۆ کۆنترۆڵ کردنی رەزی شێخ محەمەد. شەو پێشمەرگەکان لە شوێنە دیاریکراوەکان سەنگەریان لێداو بەیانییەکەی، سەعات چوار، وردە وردە هێزەکانی عیراق لە ناوچەکە دەرکەوتن.

هێزەکانی عیراق بون بەدوو بەشەوە. زۆرینەی لەپشتی گوندی چۆم ساك دامەزراو هێزێکی کۆماندۆش بۆ ئەو شوێنانە نێردرا کەپێشمەرگە لێی دامەزرابوو. هەر کە هێزەکە لەسەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیك بۆوە، درایە بەر گوللەو ژمارەیەکی زۆری لێ کوژرا، لەوانە لەیەکەم تەقەدا فەرماندەی هێزەکە. لەگەڵ گەرمبونی شەڕەکەدا، هێزی پیشمەرگە هێزەکەی خستە ئابڵوقەوەو هەموو هێرشەکانی سوپای عیراق بەپیادەو زرێپۆش بۆ فریاکەوتنی هێزە گەمارۆدراوەکە بەناکامی مانەوە. پێش نیوەڕۆ هێزی پێشمەرگە هێزە هێرشبەرەکانی بەرەو دیلمان راو نا.

لەو ماوەیەدا گوندەکانی دەوروبەر فیشەك و خواردنیان بۆ پێشمەرگە نارد. دەزگای هەواڵگریی سوپاش نوێنەرێکی خۆی بە ناوی نامیق خورشید بۆ لای پێشمەرگە نارد بە مەبەستی دابین کردنی

سەلامەتیی هێزە گەمارۆدراوەکە. لە ئاکامی وتوویژدا هێزی پێشمەرگە داوای کرد هێزەکانی عیراق تۆپباران کردنی گوندەکان راگرن و هێزەکانیان لەدۆڵی باڵەیان بکێشنەوە، هێزەکانی عیراقیش داوایان کرد ئابلۆقەی سەر هێزە گەمارۆدراوەکە هەڵبگیرێ‌و لاشەی سەربازە کوژراوەکانیان پێ بدرێتەوە. هەردولا داواکانیان هاتە دی.

لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق ١٥٢ کوژراوو بریندارایان هەبوو. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو، لە هاووڵاتییانیش ژنێك بە ناوی فاتمە مەحمود لەگوندی چۆم ساك بریندار بوو.

ناوی هەندێ لەو پێشمەرگانەی لەم شەڕەدا بەشدار بون: برایم حاجی مینە، رەسول حاجی خدر، حەمە ئەمین حەمەدە کەژە، برایم حەمەد حسێن، حەمەد مام مەحمود، عەولا مینە، حەمەد حاجی مەلا شەنگە، قادر حاجی رەسول، رەحمان سمایل، حەمەد مینە.

## بالیسان (کۆبونەوەی کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکان)

کۆبونەوەی تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ کادیرە سیاسی‌و عەسکەرییەکان لەگوندی بالیسان لە ناوچەی خۆشناوەتی لە١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣.

کۆبونەوەکە زۆرتر بۆ تاوتوێ کردنی دوو مەسەلەی سەرەکی تەرخان کرابوو، یەکێکیان هەڵسەنگاندنی ئۆپەراسیۆنی بێتواتە بوو لە تشرینی یەکەمدا کە تێیدا هێزی پێشمەرگە توانیبوی دەست بەسەر ناحیەی بێتواتەدا بگرێ‌و دەستێکی کاریگەر لە جاشەکانی بوەشێنێ. سەرەڕای گرنگیی ئۆپەراسیۆنەکە، لەو روانگەیەوە کەبێتواتە یەکەم شارۆچکەیە هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەردا بگرێ، بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنەکە هەندێ دیاردەی خراپ‌و نەخوازراوی لێ کەوتبۆوە، لەوانە دیاردەی تاڵان کردن کە پێویستی بەپێداچونەوەو لێ وردبونەوە بوو بە مەبەستی رێگرتن لە دوبارەبونەوەی لە ئایندەدا.

مەسەلەی دووەم تاوتوێ کردنی ئەگەری دەستپێکردنی وتوویژ بوو لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و رژێمی عیراق. لەکۆبونەوەکەدا زۆرتر بایەخ بەم مەسەلەیە درا کە لەڕوی سیاسییەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو.

کۆبونەوەکە لە بارەگای مەڵبەندی ٤ لەبالیسان بەستراو ژمارەی کادیرە ئامادەبووەکان نزیکەی ٣٠ کادیر دەبوو. پاش ئەوەی تاڵەبانی راو بۆچوونی خۆی دەربارەی مەسەلەی وتوویژ رون کردەوە، داوای لەکادیرەکان کرد راو بۆچونی خۆیان بەڕونی‌و راشکاوانە دەرببڕن. لەڕەوتی تاوتوێ کردنی مەسەلەی وتوویژدا زۆربەی کادیرەکان وتوویژیان وەك پرنسیپ پەسند کردو پێیان وابوو پرۆسەکە لە بەرژەوەندیی کورد دایە.

ئەم جۆرە کۆبونەوانە بۆ تاوتوێ کردنی پرسی وتوویژ، لەو کاتەدا بایەخێکی زۆریان هەبوو. سەرکرادیەتیی یەکێتی لەو بڕوایەدا بوو کەوتوویژ لەگەڵ رژێمێکی سەرکوتکەری وەك رژێمی بەعس کارێکی ئاسان نیەو دەشێ لایەنە نەیارەکان لە ناوەوە، بەتایبەتی بەرەی جود و دەوڵەتانی وەك ئێران‌و سوریاو تورکیا دژی بوەستنەوەو هەوڵی پەکخستنی بدەن. بۆیە، سەرکردایەتی هەستی دەکرد بەردەوامبون لەسەر راوێژو پرس‌و راوەرگرتن لەم روەوە، کارێکی سودبەخش دەبێ.

ناوی بەشێك لە بەشداربووانی کۆبونەوەکە: دکتۆر کەمال خۆشناو، شەوکەت حاجی موشیر، پێشڕەو برایم سەعید، عەلی نەبی، عەبدوڵڵا مام نەبی، سەیفەددین عەلی ئەحمەد عەلی، رێکەوت عوسمان مەجید، شاخەوان عەباس، رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود

(ڕێباز)، تەحسین کاوانی، سەعدوڵڵا پەرۆش، جەوهەر کرمانج، موحسین عەلی ئەکبەر، مامە ریشە.

## بالیسان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە ناوچەی بالیسان. لە٩ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ هێزەکانی عیراق لەچوار قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر ناوچەی بالیسان. پێشمەرگەکانی تیپی ٧٤ی باڵەكو مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیری بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو نەیانهێشت ئامانجەکانی بەدی بێنێ.

لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق ١٧ سەربازیان لێ کوژراو زیاتر لە ٣٠ سەربازیان لێ بریندار بوو. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە یەك ئارپیجیو ٢ کلاشنکۆفو دەزگایەکی بێسیم بوو. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوو.

ڕۆژی دواتر، هێزەکانی عیراق هێرشێکی بەربلاوتریان بۆ سەر چیای شەگەوەر، شێخ ناسرو دیلمان و کەڵەکی باڵەیانو سێکانیان لە سنوری چالاکیی تیپی ٧٤ی باڵەك دەست پێ کرد. زۆربەی ئەو شوێنانە پێش دەستپێکردنی هێرشەکە تۆپباران کرانو بەشێکیش بەهەلیکۆپتەر گوللەبارانو موشەکباران کران. هێزە پەلاماردەرەکە لە هێرشەکەیدا پشت ئەستور بوو بە چەند تانکێك بەڵام پاش چەند سەعاتێك شەڕکردن لەگەڵ پێشمەرگەکانی تیپی ٧٤ی باڵەك، هێزەکانی عیراق هیچ شوێنێکیان پێ نەگیراو ناوچەکەیان بەجێ هێشت.

هێزەکانی عیراق لەم هێرشە ١٧ سەربازیان لێ کوژراو ٣٥ سەربازی تریان لێ بریندار بوو. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە دوو کلاشنکۆف و دەزگایەکی بێسیم و یەك ئارپیجی بوو بە پێنج گوللەوە.

## بان چەپ (گوزارە)

گوزارەیەکی سیاسییە، بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٨٥دا لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا بەکار هاتووە. مەبەست لەبەکارهێنانی، سەرزەنشت کردنی خۆبەستنەوەی دەقاودەقە بەتیۆرییە شۆڕشگێڕییەکان کە لەئەنجامدا دۆخەکە بەو ئاراستەیە دەبا کە توندڕەوی لە بیرکردنەوەو ڕەفتاردا پەیدا ببێ و هیچ بوارێك بۆ چارەسەری مامناوەنج و میانڕەو پێك نەیەت.

لەو ماوەیەدا هێرش بۆ سەر بیروباوەڕی بان چەپ بەشێکی سیاسەتی فەرمیی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووە. ئەم سیاسەتە لەهەلومەرجی پەرەسەندنی ململانێی ناوخۆیی نێوان باڵی سکرتێرو باڵی ناڕازیی ناو کۆمەڵەدا پیادە کراوە. باڵی ناڕازی خۆی لەو ڕەوتەدا دەبینییەوە کەخاوەنی تێڕوانین و ستراکچەرێکی فیکریی چەپتر بوو و ئارەزوی ئەوەی هەبوو کەنۆڕینە چینایەتی و ئایدیۆلۆژییەکان زۆرتر لەسیاسەت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵەدا ڕەنگدانەوەیان هەبێ و لەم سەروبەندەدا باڵەکەی دیکەی بە باڵێکی بەڕێژە پارێزگارو ریفۆرمیست دادەنا.

گوتاری فەرمیی کۆمەڵە ڕەوتی بان چەپی بەلادەر دادەناو بانگەشەیەکی فراوانی بۆ ئەوە دەکرد کەڕەوتەکە خوێندنەوەیەکی چەوتی بۆ ئایدیۆلۆژیا هەیەو دەقە ئایدیۆلۆژییەکان بەهەڵە لێك دەداتەوە.

لە نیسانی ١٩٨٥ گۆڤاری «کۆمەڵە» هەڵمەتێکی سیستماتیکی لە دژی ئەو ڕەوتە دەست پێکردو وتارێکی بە ناونیشانی «ڕێکخستنی بان چەپ دەرهاوێشتەی چ دۆخێکە؟» بڵاوکردەوە. لە ژمارەی پاشتردا سێ وتاری دورو درێژ لەسەر هەمان بابەت بڵاو کرانەوە کەنزیکەی ٦٦٪ی لاپەڕەکانی ژمارەکەیان بۆ تەرخان کرابوو. هەڵمەتەکە نزیکەی دوو مانگی

خایاند و پاشان وردە وردە خاوبونەوەی بەخۆیەوە بینی بەڵام بەشێکی بابەتەکانی ژمارەکانی دواتری گۆڤاری «کۆمەڵە» بۆ هێورکردنەوەو ئاراستەکردنی ململانێ ناوخۆییەکان تەرخان کران. هۆی کورتیی ماوەی هەڵمەتەکە، زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باڵی سکرتێر ململانێکەی لە ماوەیەکی پێوانەییدا یەکلا کردەوەو ئەو دۆخەی سەپاند کەخۆی دەیویست.

لەو ماوەیەدا دەزگای رۆشنبیریی کۆمەڵە، بۆ تۆکمەکردنی گوتاری سیاسیی فەرمی، چەند ئەدەبیاتێکی کلاسیکیی مێژوی کۆمۆنیزمی جیهانی بە زمانی کوردی بڵاو کردەوە لەوانە کتێبەکەی «نەخۆشیی چەپڕەویی منداڵانە لەکۆمۆنیزمدا» کە لینین نوسیویەتی.

لەو هەڵمەتەی کە لە دژی رەوتە ناڕازییەکە بەڕێوە چوو، سەرباری بانگەشەکردن بۆ لادانی رەوتەکەو شێواویی پاساوە فیکرییەکانی، بانگەشە بۆ ئەوەش کرا کەرەوتەکە زۆرتر بەلای بیروباوەڕی عیراقچێتیدا دادەشکێنێ و بیروباوەڕی کوردستانی رەت دەکاتەوە.


ململانێکە بە جیابونەوەی رەوتە ناڕازییەکە و پێکهێنانی رێکخراوی ئاڵای شۆڕش کۆتایی هات. لەم سەروبەندەدا کادیرەکانی رێکخراوەکە لەدەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی رەنجدەران بەردەوام بون لەسەر تێکۆشانی خۆیان.

## بانگەوازی کوردایەتی (بەیاننامە)

دیکۆمێنتێکی سیاسییە بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆو دامەزراندنی ئاشتییەکی سەقامگیر لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، تاڵەبانی لە وتارێکدا کە لە٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨١ لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندویەتیەوە، بانگەشەی بۆ کردووە.

تاڵەبانی لەوتارەکەدا باسی ئەوەی کردوە کە شۆڕشی کوردستان لە ناوچەکە زۆر دژایەتی دەکرێو هێزە دەرەکییەکان کار بۆ هەڵگیرساندنی «شەڕی کورد بەکورد بەکوشتن دان»و نانەوەی «ئاژاوەی ناوخۆیی» لە ناو کورددا دەکەنو بەو جۆرە باسی هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی کوردی کرد کە «کارەساتێکی بێ وێنەو بێ هاوتایە لەمێژوی کوردەواریدا»و لەم سەروبەندەدا سوپاسی کوردی ئێرانی کرد کە لە ساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٨ یارمەتییەکی زۆری شۆڕشی کوردی عیراقیان داوە.

لە وتارەکەدا تاڵەبانی پشتگیریی دەستێوەردانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە کاروباری کوردی ئێران نەکردو لەم روەوە «سەودایەکی مێژویی»ی پێشنیار کرد کە تێیدا رازیبونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەگەڕانەوەی هێزو بارەگاکانی پارتی بۆ کوردستانی عیراق نیشانداو پێشنیاری کاری هاوبەشی لە دژی رژێمی عیراق کرد بەو مەرجەی پارتی چیتر دەست لە کاروباری کوردی ئێران وەر



نەدات چونکە لەو کاتەدا دەستێوەردانەکە شەڕی لە نێوان هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لیٚ کەوتبۆوە.

تاڵەبانی لە وتارەکەدا شەڕی راگەیاندنی لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان راگرت و فەرمانی بەهێزەکانی پێشمەرگە دا کەهێرش نەکەنە سەر هێزەکانی پارتیو تەنها لەدۆخی بەرگری لەخۆ کردندا بن.

پارتی دیموکراتی کوردستان داواکەی رەت کردەوەو لەم سۆنگەیەوە هەوڵی ئاشتبونەوەکە سەری نەگرت. لە١٢ی کانونی یەکەمدا مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانیی خۆی لەشکست هێنانی هەوڵەکە دەربڕیو داوای لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان کرد، بەو پێیەی کە هاوپەیمانی پارتین لە بەرەی جود، گوشاری زۆرتر بخەنە سەر پارتی تا چیتر دەست لە کاروباری کوردی ئێران وەر نەدات و هێزەکانی بکێشێتەوە بۆ ناو کوردستانی عیراق.

دەزگـــای راگـەیـانـدنـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەکانونی یەکەمی ١٩٨١ دیکۆمێنتەکەو بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی لە یەك نامیلکەدا پێکەوە چاپ کرد و وەک دیکۆمێنتێکی مێژویی بڵاوی کردەوە.

## پاشکۆ
## دەقی بانگەوازی کوردایەتی

خوشك و برایانی تێکۆشەر

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

بـە نـاوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستـانـەوە سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمتان پێشکەش دەکەم. ئاواتەخوازم هەمیشە شادو سەرکەوتوو بن.

لەم کاتە ناسکەدا، لەم هەل و بوارە نالەبارو دژوارەدا کە بۆ بزوتنەوەی رزگـاری و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان هاتۆتە پێش، بە پێویست زانرا ئەمجارەش پێك بگەینەوەو هەندیٚ راستیتان بۆ دوپات بکەمەوە تا باشتر لە هەڵوێست و سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاگادار بنو هەمومان چاکتر شارەزا بین لە رێبازی خەبات و باشتر هۆشیار بین لە دوژمن و زۆرتر ئامادە بین بۆ تێکشکاندنی هێرش و نەخشە گڵاوەکانی.

ئـەی هەموو تێکۆشەرانی رێگای رزگـاری و دیموکراسی، لەم سەردەمەدا کە سەردەمی هەرەس هێنانی یەکجارەکیی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمە، سەردەمی رزگاریی گەلان و شادبونیانە بە مافەکانی نەتەوایەتی و دیموکراسیی خۆیان، سەردەمی شۆڕشی سۆشیالیستی دنیایە، نەتەوەی ٢٥ ملیۆنیی کوردی ئێمەش راپەڕیوەو دەستی داوەتە خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ رزگارکردنی کوردستانەکەی و سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی تا کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی تری دنیا بە مافی چارەی خۆنوسین کە مافێکی رەواو تەبیعیی خۆیەتی، شادو سەربەرز بێت و بە گوێرەی ئارەزوو و ویستی خەڵکەکەی، بەو جۆرەی گەرەکیانە، بە کاری بێنن.

دیـــارە رون و ئـاشـکـرایـە کـە مـافـی چـارەی خۆنوسینی گـەلان مافێکی رەواو دیموکراتییەکی سادەیە، ئەمرۆ لە هەموو دنیادا سەلمێنراوەو پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆبونەوەکانی وڵاتانی بێلایەن و یاسا نێودەوڵەتییەکانیش دانیان پێدا ناوە بەڵام زۆر بە داخەوە کە هێشتا چەندین نەتەوەی وەك کورد لێی بێبەش کراون.

سەبارەت بە سیاسەتی داگیرکەرانەو شۆڤێنییانەو کۆنەپەرستانەی ئـەو حکومەتانەی کوردستانیان داگیرو دابەش کردووەو دەوڵەتە هاوتاکانیان و سەبارەت بە هەڵوێستی دوژمنانەی ئیمپریالیست و دەزگـا

جاسوسییەکانیان کە هەمیشە یاری بە مەسەلەی ڕەوای گەلانی بەشخوراوی وەك گەلی کورد دەکەن، ئاشکرایە کە ڕزگاریی کوردستان و شادبونی نەتەوەی کورد بە مافی سادەو ڕەوای چارەنوسی خۆی، سەرکەوتنێکی یەکجار گەورە دەبێت نەك هەر بۆ نەتەوەی کورد، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چونکە لە لایەکەوە دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی چەندین ڕژێمی کۆنەپەرست و داگیرکەر کە نوێنەری چینە بورژوازی و بورژوا کۆمپرادۆرو بورژوا کۆنەپەرست و خوێنمژەکانی ترن، لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆی جۆشدان و پەرەپێدان و هەڵچونی بزوتنەوەی کرێکاران و ڕەنجدەران و شۆڕشگێڕانی گەلانی ناوچەکەش، سەرباری ئەوەی کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازو ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دوژمنی سەرسەختی ئیمپریالیزم و داگیرکردنە، پشت و پەناو هاوپەیمانی کاریگەرو بەکاری بزوتنەوەی کرێکاران و ڕەنجدەرانەو بەشێکیشە لە شۆڕشی ئەم سەردەمەی دنیا.

هەر بۆیەش پەرەسەندن و هەڵچونی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازو دیموکراتیی خەڵکی کوردستان، واتە کوردایەتیی پێشکەوتنخواز، ئەهەمیەتێکی گەورەو مێژویی هەیە لەمڕۆدا کە لە کوردستانی ئێران و عیراقدا گەیشتۆتە پلەی خەباتی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی ڕەوای ڕزگاری و دیموکراتیی خۆی بەرپا کردووەو خستویەتییە سەر ڕێبازی سەرکەوتووانە، ڕێبازی دوژمنایەتی کردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و حکومەتە داگیرکەرەکان. دیسان هاوخەباتی و هاوکاری و هاریکاری لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕو دیموکراتەکانی گەلانی ئێران و عەرەب کە جڵەوی شۆڕشەکە لەدەستی هێزە کۆنەپەرست و خێڵەکی و بە بێگانە گرێدراوەکان دەرهێنراوەو کەوتۆتە دەست هێزە شۆڕشگێڕەکان کە لە ناویاندا ڕەنجدەران و خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکان دەورێکی گرنگ و سەرەکی دەبینن، واتە کوردستان بۆتە ئاگردانێکی شۆڕشی زۆرلێکراوان و بەشخوراوان و ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵات و کراوەتە قەڵایەکی توندوتۆڵی ئازادی و دیموکراسی.

هەر بۆیەش هیچ مایەی سەرسوڕمان نیە کە ئیمپریالیستەکان و سەهیۆنیستەکان و هێزە کۆنەپەرست و حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە هەموو شێوەو جۆرێکەوە بچن بە گژ شۆڕشی کوردستانداو شەڕی کوردپەروەران و شۆڕشگێڕانی کوردستان بکەن و چەندین چەشنە نەخشەو پلان لە چەندین لاوە دژی شۆڕشەکە بگێڕن.

دوژمنان جگە لە پەلاماردانی دڕندانە، جگە لە بەکارهێنانی لەشکر و تۆپ و تانك و فڕۆکەی جەنگی، جگە لە بەکارهێنانی هەموو جۆرە کوشت و کوشتارێکی دڕندانە و لەداردان و هەڵواسین و لە ناوبردنی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان، ڕێگەی فریودان و هەڵخەڵەتاندن و کڕینی هەندێکیشی بۆ بەجاش گرتنیان بەکارهێناوە تا بەریان دەنە گیانی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

واتە دوژمن دەیەوێ کوردی دڵسۆز بە کوردی بەکرێگیراو بە کوشت بدات، شەڕی کورد بە کورد بەکوشتن دان ساز داو ئاژاوەی ناوخۆییمان بۆ بنێتەوە بۆ ئەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان چاك نەپرژێنە سەر دوژمن و هەموو تواناو وزەی خۆیان لە دژی بەکار نەهێنن.

جا سەبارەت بە زانینی ئەو ڕاستییەی سەرەوە، ئەمڕۆ نەك هەر بەگژاچونی داگیرکەران و ڕاپەڕینی چەکدارانەی جەماهیری لە دژیان، بەڵکو پەکخستنی نەخشە و پلانەکانیشیان واجبێکی پیرۆزی سەر شانی شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە. ئەمڕۆ زۆر بەجێیە، زۆر ڕەوای هەقە کە هەوڵیش بدەین بۆ پەکخستنی

شەڕی کورد بە کورد بەکوشتن دان هەم بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدارو هەم بە هەوڵ و کۆششی سیاسی و ئاشتیخوازانەش. ئەم ئەرکە ئەوەندە پیرۆزو ئەوەندە گەورەیە کە نابێ هیچ هەلێك (با زۆریش لەبار نەبێت) لە دەست بدەین و نابێ هیچ دەرفەتێك (با زۆریش بەکار هێنرا بێت) بەربەست بکەین.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك هێزێکی پێشڕەوی کوردایەتی و هێزێکی شۆڕشگێڕی کوردستانی ناکرێ و ناتوانێ لە دەوری خۆی، لە هەوڵ و کۆششی خۆی، لەم مەیدانەدا کەمتەرخەمی بکات، بەتایبەتی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، دوای ئاشبەتاڵەکەی سەرکردایەتیی خێڵەکی و بورژوای مشەخۆر کە بۆ نەتەوەی کورد بووە کارەساتێکی مێژوویی، یەکخستنی هەموو هێزەکانی کوردایەتیی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەداو پەکخستنی پلان و نەخشەی کورد بە کورد بەکوشتن دانی کردۆتە ئەرکێکی گەورەی خۆی، هەروەك هاوکاری و هاوخەباتیی بەشەکانی کوردایەتیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە لا بۆتە شەرتێکی بنەڕەتی و زۆر پێویست بۆ سەرکەوتنی کوردایەتی لە هەموو پارچەیەکی کوردستاندا.

ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ کارەساتێکی بێ وێنەو بێ هاوتایە لە مێژوی کوردەواریدا. ئاشبەتاڵ کردنەکەی سەرکردایەتیی خێڵەکی و بورژوای مشەخۆری سەوداکەر بە کوردایەتی، بووە هۆی بەفیرۆدانی خەباتی چەکدارانەی چواردە ساڵ و خەباتی سیاسیی دەیان ساڵی کوردایەتی و خوێنی دەیان هەزار شۆڕشگێڕو ڕەنجی سەدان هەزار کوردیشی بە با دا. گەورەترین و لەبارترین هەل و دەرفەتی رزگاری و سەرکەوتنیشی لە کیس کورد دا. گەورەترین هێزی چەکداری کوردی لە مێژوودا پەرت و بڵاوە پێ کردو سەری سەرشۆڕیی پێ دانەواند، کوردایەتیشی شێواندو زۆریشی لە بەرچاوی گەلان دزێو کرد. لە بزوتنەوەیەکی مێژووکردی ڕەوای بابەتییەوە، وەك بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستی سەر بە ئەمریکاو شاو ئیسرائیل هێنایە روو. شۆڕشەکەشی وەك راپەڕینێکی چەکداری داردەستی بێگانە نیشاندا کە هەر کاتێ لێیان بوێت شەڕ دەکات و کەی ئەمریشی پێ کرا ئاشبەتاڵ دەکات، کە ئەمەش بوو بە هۆی تۆراندنی دۆستان و هاوپەیمانانی بابەتی لە رۆژهەلات و دنیاداو مایەی گاڵتە پێ کردن و پێ خۆش بونی دوژمنان و ناحەزان و مایەی یاری کردنی ئیمپریالیستە خوێنخۆرو داگیرکەرە خوێنمژو سەهیۆنیستە زۆڵە فێڵبازەکانیش بە کوردایەتی. دیارە ئەمەش کوردایەتی وەتەق خستبوو، لە دۆست و هاوپەیمانەکانی دابڕیبوو، دوژمنەکانیشی دوای تەواوبونی کایەکەیان، دوای یاری پێ کردنەکەیان دەستیان لێ هەڵگرتبوو، با بۆ ماوەیەکیش بێت، تا نۆرەی کایەیەکی تریان دێتەوە.

لەو کاتە دژوارو پڕ کوێرەوەرییەدا، لەو سەردەمە تاریك و پڕ نائومێدی و بێ هیوایی و دڵتەزێن و دەمارسڕکەرەدا، لەو کاتەدا کە دۆست و دوژمن پێیان وا بوو جارێکی تر لەم سەدەیەدا کوردایەتی لە کوردستانی عیراق هەڵناسێتەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك هات و ئاڵای جۆشدانەوەی خەبات و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی هەڵکردەوە.

بەڵێ ئەوێ رۆژێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە باوەڕی تەواوەوە بە هێزو وزەی زۆرو زەوەندی خەڵکی کوردستان و بە باوەڕی تەواو بەو راستییەی کە ئاشبەتاڵ هەڵاتن و ژێرکەوتن و تێکشکانی سەرکردایەتیی خێڵەکیی بورژوازیی مشەخۆری سەوداکەر بووە نەك بەزین و کۆڵدانی کوردایەتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە دەرس و پەندی پێویست هەڵهێنجانەوە لەو ئاشبەتاڵ و لەو کارەساتە،

هاتە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەوە. پەندە هەرە گرنگ و گەورەکەیان بریتی بوو لە مانەی خوارەوە:

دیسان بۆ گەلی کورد دەرکەوتەوە کە ئیمپریالیستەکان و سەهیۆنیستەکان و داگیرکەرانی کوردستان دوژمنی سەرسەخت و خوێنخۆری نەتەوەی کوردن.

یاریی داگیرکەران بە هەندێ هێزی کورد، بە هەندێ هۆزو عەشیرەت و تاقم بۆ دژایەتیی کوردایەتی و کورد بە کورد بە کوشتن دانە. ئەو پوول و پارەو چەکەی کە پێیانی دەدەن، بۆ رژاندنی خوێنی شۆڕشگێڕانی کوردستان و تێکشکاندنی کوردایەتی و لە ناوبردنی شۆڕشی کوردستانە.

دیسان بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوتەوە کە حکومەتە بورژوازی و حکومەتە خوێنمژەکان کوردستانیان داگیرو دابەش کردووەو نایانەوێ و ناتوانن چارەیەکی رەوای مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بکەن، بۆیە پشتیان پێ نابەسترێ، جێگەی بڕوا نین، ئومێدیان پێ ناکرێت و ئاواتیان ناچێتە سەر.

دیسان بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوتەوە کە ڕێگای رزگاری ڕێگای خۆگرێدان نیە بەو حکومەتانەوە، بەڵکو ڕێگای دوژمنایەتی کردنیانە، ڕێگای بەگژاچونی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و داگیرکەرانە، ڕێگای خەباتی شۆڕشگێرانەی جەماوەرە بە هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و ئێران و تورکیا، ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانەی پشت بە خۆ بەستن و پشت بە گەل بەستن و باوەڕکردنە بە هێزی زۆرو زەوەندو لەبن نەهاتوی گەل و نیشتمان.

دیسان بۆمان دەرکەوتەوە کە بۆ سەرکەوتن نەك هەر پارتی پێشڕەوو هێزی شۆڕشگێڕی پێشمەرگەو یەکخستنی هێزەکانی گەل و هاوخەباتی لەگەڵ هێزەکانی گەل و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلانی رۆژهەڵات پێویستە، بەڵکو هاوخەباتی و هاوکاری و هاوپەیمانیی هێزەکانی کوردایەتی لە سەرتاسەری کوردستان زۆر زۆر پێویستە، بۆیە خۆ گرێدان بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە دژی هەر بەشێکی کوردایەتی لە هەر پارچەیەکی کوردستان نەك هەر خیانەتێکی نەتەوایەتیی گەورەیە، بەڵکو مایەی ریسوابون و شکان و فەوتانیشە.

هەر بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەموو ئەو راستییانەی خستە دڵ و دەرونەوەو بەکاری هێنان.

لێرەدا ئیجازە لە خوشك و برایانی گوێگر دەخوازم بۆ ئەوەی نەختێ لەسەر یەکێ لەم راستییانە بڕۆم بۆ رونکردنەوەی هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خەباتی رەوای کوردایەتی لە هەموو کوردستاندا.

وەك دەزانن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بانگەوازی دامەزراندنەکەی لە دەرەوەی وڵات بڵاو کرایەوە. زۆربەی دەستەی دامەزرێنەرەکەی لە شام بون. ڕێگای هاتوچۆشی بە کوردستانی تورکیاو کوردستانی ئێراندا بوو بۆ پەیوەندی کردن بە هەڤاڵانی تێکۆشەرو دەستەی چەکداری شۆڕشگێڕ لەسەر خاکی نیشتمان. بۆیە هەر زوو، چەردەیەك پرنسیپی هاوخەباتی و هاوکاریی نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەی کوردی پیادە کرد. لەم چوارچێوەیەدا توند دەستمان بە ئەڵقەی پرنسیپە پیرۆزەکەوە گرت بێگوێدانە ئەوەی ئاخۆ ئەم پرنسیپە چیمان بەسەردا دێنێ.

هەرچەند ئێمە ئێستاش سوپاسگوزاری ئەو یارمەتییەین کە پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و حکومەتی کۆماری سوریا پێشکەشی کردین کە بۆ هەڵسانەوەی کوردایەتی و راستکردنەوەی باری خەباتەکەی گەلەکەمان زۆر پێویست و بەکەڵك بوو، بەڵام دیسان هەر سور بوین لەسەر هاوکاری

و هاوخەباتیی تاقم و حزبە پێشکەوتنخوازەکانی کوردی سوریا، تەنانەت لە چەندین دەرفەتدا، لەگەڵ برا سورییەکانمان ئەوەشمان باس کردووە کە هەق و ڕەوای هەقە دوایی بەو سیاسەتە شۆڤێنییە بهێنرێ کە ڕژێمی ئینفیسال (ڕژێمی جیاکرنەوەی سوریا لە میسر) بەسەر کوردی سوریای سەپاندەوە و شوێنەوارەکانیشی دەبێ بسڕدرێنەوە. ئێمە خۆمان بە بەر چاوی وەفدی بەرەی نیشتمانیی نەتەوایەتیی دیموکراتی عیراقەوە (جەوقەد) ڕاستەوخۆ مەسەلەی بە ئەندام وەرگرتنی حزبە پێشکەوتنخوازەکانی کوردەکانی سوریامان لە بەرەکەیان، لەگەڵ برایانی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی سوریا هێنایە کایەوەو باسی ڕێزگرتن لە مافەکانی برا کوردەکانی سوریامان کرد.

دیارە مایەی شانازی و دڵشادییە کە هەموو برایانی وەفدەکەی عیراق، لە پێش هەمویانەوە کاك عەبدولجەبار کوبەیسی، نوێنەری پارتی بەعسی سۆسیالیست- سەرکردایەتیی عیراق، بە گەرمی و بە چاکی، پشتیوانییان لێ کردین و داوای سەلماندنی مافی نەتەوەیی کوردو داڕشتنی بناغەی هاوخەباتی و برایەتیی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبیان لەسەر بنەمای ڕاستییەکانی مێژوو و مافی چارەی خۆنوسین کرد.

لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی تورکیا تا بۆمان کرابێ هاوکاری و هاوخەباتیمان کردووەو بەپێی توانای خۆمان و سەرەڕای وەزعی نالەبارو زۆر دژواری خۆمان یارمەتیی زۆریانمان داوە.

مایەوە باسی هاوخەباتیمان لەگەڵ تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران بکەم کە دەمەوێ نەختێ بە روونی لەسەری بڕۆم.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ هەوڵماندا لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی تری ئێران دۆستایەتی و هاوخەباتیمان هەبێ. ئەوێ ڕۆژێ هەوڵماندا لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی و جەبهەی میلیی ئێران و خوێندکارانی ئێران لە دەرەوەی وڵات و سازمانی ئینقیلابی و چریکهای فیدایی خەلق و مجاهدینی خەلق و هەموو تێکۆشەرانی تری ئێران دۆستایەتی و هاوخەباتی پەیدا بکەین. هەوڵماندا لە لای برا شۆڕشگێڕە عەرەبەکانمان، بەتایبەتی لای برا شۆڕشگێڕە لیبی و سوری و فەلەستینییەکانمان هاریکاری و یارمەتییان بۆ وەدەست بهێنین، تەنانەت ئێمە دەستپێشخەر بوین لە ناساندنی ئایەتوڵڵا خومەینی و پەیڕەوەکانی مجاهدینی خەلق و فیدایی خەلق و جەبهەی میللی بە برا شۆڕشگێڕە لیبییەکان بۆ یارمەتیدانی خەباتەکەیان.

دیارە زۆر ئاسایی و پێویستیشە کە لەگەڵ برا کوردە تێکۆشەرەکانیشمان لە دیوی کوردستانی ئێران هاوخەبات و هاریکاری یەکتر بین.

بەڵام سەیر ئەوەیە کە سەبارەت بە هەندێ هۆ پەیوەندیمان لە ئاستی پێویستدا نەبوو لەگەڵیاندا، هەرچەند ئێمە هەر لە سەرەتای داگیرساندنی شۆڕشەکەمانەوە، بە برایانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانمان ڕاگەیاندبوو کە دەتوانن بنکە و ناوچەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك هی خۆیان دژی شای زۆردار بەکار بهێنن، هەروەك بە هەموو لایەنە ئێرانییەکانی دژ بە شامان ڕاگەیاندبوو کە دەتوانن کەڵکی پێویست لە تواناو ناوچەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەرگرن. تا ساڵەکانی پەرەسەندن و هەڵچونی خەباتی گەلانی ئێران کاتێك پەیوەندیمان بەرەو چاکی چوو، ئێمە لەو پەیوەندییەشدا پەیڕەوییەکی وردو تەواومان لە پرنسیپی سەربەخۆیی

هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکان و پرنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی کوردستانی ئێران و پرنسیپی خۆ بە کوێخا نەزانین و کەس بەکوێخا نەسەپاندن کرد، هەروەك جەختیشمان کردە سەر پرنسیپی هاوخەباتی و هاریکاری و هاوکاریی نێوانمان.

لێرەدا لەسەرمان پێویستە هەندێ ڕاستیی گرنگ بخەینە بەر چاوی خەڵکی کوردستان، لە سەروی هەمویانەوە ئەوەیە کە برا تێکۆشەرەکان و خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران لە کۆڕی هاریکاری و هاوخەباتیدا لەگەڵمان، دەستپێشخەر بوون. ئەوان بوون لە ساڵی ۱۹۷۷ بەدواوە دەستی یارمەتیی مالی و ڕەوانییان بۆ درێژ کردین. دەبێ لێرەدا سەری تەجلیل بۆ گیانی پاکی شەهیدی نەمری کوردستان کاکە خانەی موعینی، کادیری هەڵکەوتوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و برای شەهیدانی نەمر کاك سلێمان موعینی و کاك عەبدوڵڵا موعینی دانەوێنم کە لە کوردستانی عیراق لە هاتنەکەی بۆ یارمەتی و هاوخەباتی کردنی ئێمە لە ناوچەی دڕیی لای ماوەت بە دەستی جەللادەکانی بەغدا شەهید کراوە.

ناکرێ باسی ئەو هەموو کۆمەك و یارمەتییە زۆرو زەوەندە نەکەم کە خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیان لە ساڵانی ۱۹۷۷-۱۹۷۸ بە لێشاو بۆیان دابین کردوین. ئێمە زۆر بە بەجێ و بە پێویستی دەزانین دیسان سوپاسی خۆمان بە تێکۆشەران و خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران بگەیەنینەوە. نەدەکرا ئێمە ئەو هەموو چاکەو پیاوەتییەی خەڵکی کوردستانی ئێرانمان لە بەرچاو نەبێ و سەرەتاکانی خەباتی پیرۆز ڕەچاو نەکەین، بۆیە لە کاتی پێویستدا ئێمەش بۆ هاوخەباتی و هاریکاریی تێکۆشەران و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران درێغیمان نەکرد. ئەوە بوو کاتێك شەڕە ناڕەواکە، زۆردارانە بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێراندا سەپێندرا، ئیدی نۆرەی ئێمە هاتبوو سەرەتا پیرۆزەکانی خەباتەکەمان جێبەجێ بکەین و چاکەی خەڵکی کوردستانی ئێران بدەینەوە.

نەشدەکرا بێباك و بێ پەروا، دەست لە ئەژنۆ، بۆی دانیشین و نەگەینە فریای براکانمان. بۆیە ئەوەی لە دەستمان هات درێغیمان لێ نەکرد، تەنانەت ئەم هاوخەباتییەشمان بۆ بە ئاشتی و بە شێوەیەکی سیاسی چارەسەرکردنی مەسەلەی ئێران، خستە گەڕ. من خۆم بە ڕەزامەندی و بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە چەندین نامەم بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی و ئایەتوڵڵا مونتەزەری و کاك سەید حسێنی خومەینی و کاك داریوش فروهەر بۆ دوایی هێنان بە شەڕو دۆزینەوەی چارەیەکی سیاسی بۆ کێشەی کوردستانی ئێران نوسیوە. دیارە، وەك هەموو لە بیرمانە، ئەنجامەکەی قبوڵ کردنی ناوبژیوانی کردنی ئێمە بوو لە نێوان حکومەتی ئێران و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێران. ئێمە ئێستاش بە مایەی شادیی خۆمانی دەزانین کە توانیومانە نوێنەرانی حکومەتی ئێران، کاك داریوش فروهەرو موهەندیس سەحابی و موهەندیس سەباغیان و وەفدەکەیان لەگەڵ ماموستا شێخ عیززەددین حوسەینی و نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بگەیەنینە یەك و لە ئەنجامدا دوای چەندین هاتوچۆو گفتوگۆ شەڕ ڕاگیرا. هەیئەتی نمایندەگیی خەڵکی کورد پێك هێندراو دوبارە ئاشتی بۆ کوردستان گەڕایەوە.

هەروەها ساڵی ۱۹۸۰ لە چوونە دەرەوەمان بە تاراندا، دیسان زۆر هەوڵمان دایەوە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و سەلماندنی شەش ماددەکەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن کاربەدەستانی تارانەوە،

تا ئەو رادەیەی کە توانرا دکتۆر سەید ئەبولحەسەن بەنی سەدری سەرۆکی کۆمار پێیان رازی بکرێ و دەستوری شەڕ راگرتن دەر بکات بەڵام هێزە دەستڕۆیشتووە شەڕخوازەکانی تاران پەکی ئەو هەوڵ و تەقەللایەیان خست و شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاندەوەو بە گوللە و بۆمباران و تانك و تۆپ و فڕۆکە بەر بوونە گیانی خەڵکە قارەمانەکەی.

دیسان ئەمساڵیش (١٩٨١) لە گەڕانەوەمان بۆ نیشتمان، لە تاران چاومان بە دکتۆر سەید ئەبولحەسەن بەنی سەدری سەرۆکی کۆمارو چەندین کاربەدەستی تر کەوتەوە. لە ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵیان، پێك هاتین کە ئەمان خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) بۆ کوردستان بسەلمێنن، ئێمەش لە بەرامبەردا داوای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەسەر بناغەی خودموختاری و پەیوەندی بڕین لەگەڵ بێگانە و سەربەخۆیی ئێران، بگەیەنین بە مامۆستا شێخ عیززەددین حوسەینی و کاك دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ناوبژیوانیش بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی مەسەلەکە بکەین. بەڵام تا هاتینەوەو پێش ئەوەی دەنگی بگەیەنین بە شوێنی خۆی، دکتۆر بەنی سەدر لەسەر کار لابرا. واتە ئێمە ئەوەندەی توانیبێتمان هەوڵمانداوە بە نا هەق و بێ جێ، خوێنی رۆڵەکانی ئێران بە کوردو فارس و ئازەرو هەموانی ترەوە نەڕژێ و شۆڕشی ئێران توشی پاشەکشە و سەرەوژێربون نەبێ.

ئێمە ویستومانە هۆی خێرو ئاشتی و دادپەروەری بین لە ئێران و پەیوەندییەکانی خۆمان بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزانە بەکار هێناوە، بێ دەستوەردانە ناو کاروباری تایبەت و ناوخۆیی ئێران.

ئێستاش کە گەلی کوردستانی ئێران دوچاری شەڕێکی کاولکەرو وێرانکەر بووە، داوا رەواکانی پێشێل دەکرێن و ئێمەی رۆڵەی دڵسۆزو بەوەفای کوردایەتی ناتوانین بێباك و پەرۆش و ملکەچ و سەرشۆڕ بوەستین. ناتوانین ئەرك و فەرمانی نەتەوایەتی و ئینسانیی خۆمان فەرامۆش بکەین. ناکرێ واجبی نەتەوایەتی و نیشتمانیی خۆمان بە لاوە بنێین. پێمان ناکرێ چاکە و پیاوەتیی تێکۆشەران و خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران لە بەرچاو نەگرین و لە بیری بکەین.

لەمەش بترازێ، ئەمڕۆ لە دژی ئەم خەڵکە قارەمانە، هەندێ کوردی عیراقی چەکدار کراون و بەر دراونەتە گیانیان، شارو دێهاتی کوردستانی ئێرانیان پێ دەگیرێت و رۆڵەکانیان پێ دەکوژرێت. دیارە لە کەس شاردراوە نیە کە سەرپەرشتی کردنی ئەم کارە پڕ تاوان و دژ بە کوردە، سەرکردایەتیی بارزانی دەیکات و خێڵی بارزان کراوە بە بنچینەکەی.

ئەم تاوانە لە دژی خەڵکی کوردستانی ئێران و بگرە دژی هەموو نەتەوەی کوردە. بە ناوی کوردی عیراقیشەوە دەدرێتە قەڵەم، بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێشڕەوی خەباتی خەڵکی کوردستانی عیراق، دەبێ لێی بێتە جواب و پێویستە هەوڵ بدات خەڵکی کوردستانی ئێران لەم بەڵایە رزگار بکات. بۆیە، جگە لە دەربڕینی ناڕەزایی و تاوانبارکردنی ئەو تاوانانە، ئەمجارەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێویستی زانی، دوای گفتوگۆو پرس کردن بە چەندین هێزی نیشتمانپەروەری کوردستانی و پارتی کۆمۆنیستی عیراق، کە سەودایەکی مێژویی پێشکەش بە سەرکردایەتیی بارزانی بکات، ئەمیش بریتییە لە رازیبونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە گەڕانەوەی هەموو هێزو سەرکردایەتیی بارزانی بۆ کوردستانی عیراق بۆ هاوبەشی کردن لە خەبات دژی حوکمی رەفتار فاشیستی بەغدا بەو تاکە

شەرتەی واز لە کورد کوشتن لە کوردستانی ئێران و لە بەگژاچون و شەڕکردنی تێکۆشەرەکانی بێنن و هەروەها دەست لە پەلاماردان و داگیرکردنی شارو دێهاتەکانیان هەڵگرن و چی دیکە دەست نەخەنە ناو کاروباری کوردستانی ئێرانەوە.

جا ئەگەر سەرکردایەتیی بارزانی ئەم شەرتە قبوڵ بکات، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یارمەتییان دەدات بۆ هێنانەوەی هەموو هێزەکانیان و هەر لە ئێستاوە شەڕی عەسکەری و ئیعلامی لە خۆیەوە لە دژیان رادەگرێ.

### ئەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان
### ئەی هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێویستی زانیوە لەم راستییە ئاگادارتان بکاتەوە، لەم هەڵوێستە پڕ پەرۆشی و دڵسۆزییەی خۆی بۆ کوردایەتی و بۆ دوایی هێنان بە شەڕی کورد بە کورد بە کوشتدان و بۆ رزگارکردنی خەڵکی کوردستانی ئێران لە بەڵای هەندێ کوردی عیراقی. بۆ سەرخستنی ئەو هەوڵ و تەقەللایەش کە هەندێ لایەنی سیاسی دەیدەن بۆ رازیکردنی سەرکردایەتیی بارزانی بەم بڕیارە مێژوییەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دەربازبونی خۆشیانی لەم گێژاوە خنکێنەرە تێدایە کە خۆیان تێخستووە، بە پێویست زانرا بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە راگرتنی شەڕی ئیعلامی و شەڕی عەسکەری بە هەموان رابگەیەنم. بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو هێزی قارەمان و سەرکەوتووی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم کە دەستبەجێ شەڕ لە دژی هێزەکانی بارزانی لەو ماوەیەی کە بڕیاری لەسەر دراوە رابگرن و هەر تەنها هەڵوێستی دیفاعی وەربگرن و ناوچەکانیان بپارێزن چونکە دەبێ هێزەکانی لایەنەکانی تریش لە شوێنی خۆیان بوەستن و پەلاماری ناوچە رزگارکراوەکان نەدەن. هەر وەك دەبێ دەزگای راگەیاندن بە وردی و ژیرانە پەیڕەوی بڕیاری راگرتنی حەملەی ئیعلامی بکات و زەمینەش بۆ دەرخستن و گەشاندنەوەی گیانی ئەم بڕیارە مێژووییەمان خۆش بکات.

دیارە هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان هەر بەردەوام دەبێ لەسەر بەگژانەچونی برا پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و برایانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عیراق.

هیواشمان زۆرە کە هەموو لایەك باش لەم راستییە گەیشتبن کە هێزی لەشکاندن نەهاتووی پێشمەرگەی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هیچ گەلەکۆمە و هێرش و پەلاماردانێك لە ناو ناچێت و با هەموو جۆرە خەیاڵێکی خاوی با بردووی ئەوها لە مێشکی خۆیان دەرکەن. هێزی خۆڕاگرو دوژمن بەزێنی پێشمەرگەی کوردستانیش هەوڵ و کۆشش و توانای خۆی تەرخان دەکات بۆ هاوبەشی کردن لە روخاندنی حوکمی رەفتار فاشیستی بەغداو هێنانە کایەی حوکمێکی دیموکرات و ئیئتیلافی کە دەستەبەری ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بێ بۆ کوردستان. بێگومان ئەوسا کوردستان، کوردستانی ئۆتۆنۆمیدار، دەبێتە قەڵایەکی شۆڕشگێڕو پشتیوانی باوەڕپێکراوی کوردایەتی لە هەموو کوردستان و بۆ هێزە شۆڕشگێڕەکانی تری گەلانی رۆژهەڵاتەکەمان.

ئەی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی کوردستان وا ئەمجارەش لەپێناوی دەستکەوتەکانی نەتەوەی کوردا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێ دەخاتە سەر برینەکانی ناو دڵی خۆی بۆ بەربەست کردنی شەڕی کورد بە کورد بەکوشتن دان و پەکخستنی پلانە گڵاوەکەی دوژمنان بۆ رژاندنی خوێنی تێکۆشەرەکانی رێگای رزگاری

و دیموکراسیی کوردستان بە دەستی کوردی هەڵخەڵەتاو بە پارەو پول، دیسان واز لە چەندین هەقی پیرۆز دەهێنێت و دەست لە زۆر شەرت و مەرجی رەواو بەجێ هەڵدەگرێت. وا ئەمجارەش ئۆباڵی شەڕی کورد بە کورد بە کوشتن دان لە ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دور دەکەوێتەوەو دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی کە واز لە بەگژاچونی برا کوردەکانی ئێران ناهێنن و دەست لە نۆکەرایەتی کردن بۆ داگیرکەرانی کوردستان هەڵناگرن.

بۆیە دەبێ ئێوەش ئەرکی سەر شان و واجبی نیشتمانیی خۆتان باشتر بەجێ بهێنن. لە دوای ئەم تاقیکردنەوەیەش، دەبێ هەموتان هەڵوێستی رون و رەوای خۆتان بە کارو کردەوە دەرخەن.

دەبێ هەمومان بە گژ ئەوانەدا بچینەوە کە سور دەبن لەسەر بەگژاچونی شۆڕشی کوردستان لە هەموو کوردستان. ئیتر چی دیکە تەنانەت یەك بست زەمین بۆ مناوەرەی کەس نامێنێتەوەو یەك تاکە بیانوش بە دەست کەسەوە نامێنێت بۆ ریسوا نەکردن و بەگژا نەچونی ئەوەی درێژە بە خیانەتی نەتەوایەتی دەدات.

ئێمەش هەرچەند ئاوات و ئارەزومان ئەوەیە کە هەموو لایەك هۆش بهێننەوە سەری خۆیان و هیوادارین سەرکردایەتیی بارزانی ئەم هەل و دەرفەتە مێژووییە بقۆزێتەوە بۆ دەرچون لەو گێژاوەی خۆی تێ فڕێداوەو دەستبەجێ لە کورد کوشتن دەست هەڵگرێ و چی دیکە شەڕی خەڵکی کوردستانی ئێران نەکات بەڵام ناشکرێ تەبیعەتی چینایەتی و دەستکەوتی چینایەتیی لایەنەکان و پەیوەندییەکانی دەرەوەیان رەچاو نەکەین و ناکرێ وەزعی بابەتی و دوربینیی خۆمان و لێکدانەوەی هەمەلایەنەی خۆمان لە بیر بکەین.

بۆیە دەبێ زۆر بە هۆشیاری و ژیری و واقیعبینانە بە گژ گیروگرفتەکاندا بچینەوەو خۆمان بۆ هەموو ئیحتیمالەکان ساز بدەین. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت کە هەموو رێبازو هەڵوێستێکی راست چەسپاندنی دەوێ. بۆ چەسپاندنیشی، خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی دەوێ. هێنانەوە سەر رێگای توێژو چینە جیاجیاکان هەر بە دوعاو پاڕانەوەو ئاوات خواستن نابێ، بەڵکو دەبێ هەوڵ و تەقەللاو خەباتێکی بێ وچان بکەین بۆ سازدانی شەرتە مەوزوعی و زاتییەکانی بەدی هێنانی ئەم ئەرکە.

پێویستە هەر لە ئێستاوە بۆ هەموو روداوێك بۆ سەلماندن و نەسەلماندنی داوا رەواکان و هاتنەوەو نەهاتنەوەی لەڕێ لادەران بۆ سەر رێبازی راست، خۆمان ساز دەین. پێویستە سڕ نەبین، پشتی لێ نەکەینەوە، بەڵکو هەمیشە سازو ئامادە بین بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەخت و درێژخایەن، لەپێناوی بیروباوەڕو پرنسیپەکانی خەباتمان و سەرخستنی رێبازی شۆڕشگێڕانەماندا، بێ سڵەمینەوە لە فیداکاری و بێ وەڕس بون لە خۆماندووکردن.

بۆ پێشەوە رووەو سەرکەوتن لە خەباتی شۆڕشگێڕانەماندا رووەو سەرخستنی شۆڕشە عیراقییە دیموکراتییەکەمان، رووەو بەدی هێنانی ئەرك و فەرمانی سەر شانمان بەرامبەر بە خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستاندا.

ئیتر هەر شادو سەرکەوتوو بن.

## بانەژریژەکە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ٥٩ی حەمرینو هێزەکانی عیراق لە٢ی ئابی ساڵی ١٩٨٧ لە ناوچەی نێوان قادر کەرەمو دورخورماتوو. بەپێی

نەخشەیەك كە لێپرسراوانی تیپەكە لەكۆبونەوەی گوندی عەلی مستەفا تاوتوێیان كردبوو، بڕیار درا بۆسەیەك لەشوێنێكی دیاریكراوی سنوری گوندی قەرەچێوار كەپێی دەوترێ بانەژریژەكە كەپێنج كیلۆمەتر لەباشوری خۆرئاوای قادر كەرەمەوەیە، بۆ هێزەكانی عیراق دابندرێ.

بەم پێیە هێزێكی زۆر لە بانەژریژەكە بەسەر پێنج بەشدا دابەش كرا: بەشی یەكەم بە دیوی قادر كەرەم بە سەرپەرشتیی یاسین بچكۆڵ، بەشی دووەم بە سەرپەرشتیی كەرتی یەك، بەشی سێیەم بە سەرپەرشتیی چالاك حاجی مەحمود، بەشی چوارەم بە سەرپەرشتیی قەیسەر ئەحمەد فەرماندەی تیپی ٥٩ی حەمرین و لەتیف بنەیی، بەشی پێنجەم بە سەرپەرشتیی حاجی شەهاب و خەلیل جافانی.

بەپێی نەخشەكە، هێزێك بە سەرپەرشتیی سەلاح حەمە غەریب و مەدحەت قۆچلی بە چاوساغیی رەشید عەلی مستەفا چووە كانی شرینك كەچەند كیلۆمەترێك لەبانەژریژەكەوە دورە، بە مەبەستی لێدانی رەبییەیەكی هێزەكانی عیراق. هێزەكە ئەركەكەی بەرێكوپێكی ئەنجام داو لەگەڵ دەستپێكردنی هێرش بۆ سەر رەبییەكە، هێزێكی گەورەی سوپای عیراق بەپەلەپرۆزێ لەقادر كەرەمەوە بۆ فریاكەوتنی رەبییەكەی كانی شرینك دەرچوو، زۆری نەبرد هێزەكە كەوتە بۆسەكەوەو پێشمەرگەكان دایانە بەر ئاگری چەكەكانیان. هەموو شەڕەكە ٤٥ خولەكی خایاندو دوژمن ئەم زیانانەی لێ كەوت: كوژرانی زیاتر لە٣٠ سەربازو جاش، لەوانە ئەفسەرێك بە پلەی كۆلۆنیل كە جێگری فەرماندەی لیواكەی قادر كەرەم بوو، بەدیل گرتنی ٢ سەربازو سوتانی ٤ كامیون. دەستكەوتەكان: گرتنی ١٦ پارچە چەك و ژمارەیەكی زۆر فیشەك و تەقەمەنیو نارنجۆك.

هێزی پێشمەرگە هیچ زیانی نەبوو. هەر ئەو رۆژە، هێزەكانی عیراق لە داخی زیانەكانیان دوو هەلیكۆپتەریان ناردە سەر گوندی عەلی مستەفا. هەلیكۆپتەرەكان گوندەكەیان دایە بەر دۆشكا و شەستیرو موشەك، لە ئاكامدا پێشمەرگە محێدین ئەحمەد محێدینو دوو هاوولاتی كە یەكێكیان ژنە شەهید كران، چەند پێشمەرگەو هاوولاتییەك بریندار بونو تراكتۆر و چەند خانویەكی گوندەكە گڕیان تێ بەر بوو.

## باوزێ (شەڕ)

پێكدادانێكە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێكی گەورەی سوپای عیراق كە لەرۆژی ٢٧ی ئابی ١٩٧٧دا هێرشی هێنابووە سەر بارەگاكانی پێشمەرگە لە گوندی باوزێی ناوچەی قەڵادزێ كە كەوتۆتە سەر سنوری عیراق - ئێران. لەو پێكدادانەدا دوژمن زیانێكی زۆری لێ كەوت و بەشكاوی گەڕایەوە.

هەمان رۆژ هەلیكۆپتەر هێزێكی گەورەی لەسەر چیاكانی دیوی ئێران دابەزاند. هێزەكە داكشایە سەر گوندەكەو بە پاڵپشتی هەلیكۆپتەری شەڕكەر پەلاماری پێشمەرگەو دانیشتوانی گوندەكەی دا. لە شەڕەكەدا ٣ پێشمەرگە شەهید بوون و لە هاوولاتیانی سیڤیلیش ٨ هاوولاتی. پێشمەرگە شەهیدەكان ئەمانەن: حەمە خدر عەلی، خدر حەمە ئەمین و عەبدوڵڵا حەمە. هاوولاتییە سیڤیلە شەهیدەكانیش ئەمانەن: بابەكر سۆفی مەحمود، رەسول سۆفی مەحمود، ئەحمەد سۆفی مەحمود، مەحمود ئەحمەد سۆفی مەحمود، ئەحمەد عەبدوڵڵا رەش، حەمە ئەحمەد عەبدوڵڵا، هۆمەر حاجی حسێن، محەمەد عەبدوڵڵا و حاجی رەسول حاجی.

## باوەڕ (کۆمیتەی ڕێکخستن)

کۆمیتەیەکە لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ زیندانییە سیاسییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو بەندیخانەی ئەبوغرێب لە بەغدا دایانمەزراندووە. دەستەی دامەزرێنەری کۆمیتەکە لە ٣ کەس پێکهاتووە کە ئەمانەن: مستەفا سەید قادر، سامان مەولود و عەبدولڕەحمان قادر غەفوور.

ئامانجی کۆمیتەکە بە زیندوویی هێشتنەوەی گیانی خۆڕاگری بوو لە ناو زیندانییە سیاسییەکان. کۆمیتەکە بە شێوەیەکی نهێنی دامەزراو هیچ شانەی لێ دروست نەکرا، بەڵکو بڕیار درا ئەندامەکانی کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠ کەس دەبوو، بە شێوەی هێشوویی پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن. لێپرسراوی کۆمیتەکە مستەفا سەید قادر بوو.

ناوی کۆمیتەکە لە ناوی نهێنیی جەبار حاجی ڕەشیدەوە هاتبوو کە لە ڕێکخستندا ناوی باوەڕ بوو و چەند مانگێك بوو لەسێدارە درابوو.

## باوە گوڕگوڕ (گۆڤار)




گۆڤارێکی تایبەت بە کاروباری خوێندکارانە، لقی کەرکوکی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ دەری کردووە. ناوەکەی لەکێڵگە نەوتییەکانی باوە گوڕگوڕەوە هاتووە.

تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣. سەربارى ئەوەی کەگۆڤارێکی خوێندکارییە، وتاری پەروەردەیی و سیاسی و رۆشنبیریشی بڵاوکردۆتەوە. بابەتە بڵاوکراوەکان بە ناوی خواستراو بڵاو کراونەتەوە. لەسەر بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە لۆگۆی ڕێکخراوەکە بەگەورەیی دانراوە. لە ژێریشەوە ناوی گۆڤارەکە نوسراوە. لە بەشی سەرەوەش دروشمی «لەپێناوی پتەوکردنی ریزەکانی یەکێتیمان و گرێدانی خەباتمان بەسەرجەم جەماوەری کوردستانەوە» بە سێ دێڕ دانراوە.

دیزاینەکەی سادەیە و بابەتەکان بە تایپی دەستی لەسەر ستێنسل تایپ کراونو پاشان بەڕۆنیۆ راکێشراون. کادیرەکانی یەکێتیی خوێندکاران بابەتەکانیان نوسیوەو خۆیشیان تایپ و دیزاینیان کردووە. ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٠ لاپەڕەیە. بەقەبارەی نیو فولسکاب دەرچووەو لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو چاپ کراوە.

## باویان (شەڕ)

شەڕێکە لە ٦ی تەموزی ساڵی ١٩٨٧ لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ١٩ی کۆڕەك‌و هێزێکی بەربڵاوی سەربازو جاش لەگوندی باویان لە سنوری دەشتی هەریر. سەعات ٧ی ئەو رۆژە، هێزێکی بەربڵاوی سەربازی کە لە یەك لیوای سەربازی و سێ فەوجی جاش پێکهاتبوو، بە پاڵپشتی سێ هەلیکۆپتەری جەنگی‌و پێنج تانك لە سەربازگەی

شەقڵاوەوە هێرشی کردە سەر گوندی باویان. ئەو ١٨ پێشمەرگەیەی لەگوندەکە بون، بەسەر دوو گروپدا دابەش بون: گروپی یەکەم لە ناو گوند سەنگەری لێداو گروپەکەی تر بە فەرماندەیی عوزێر فەقیانیو حسێن بلۆك لە بەرزاییەکانی ئەم بەرو ئەو بەری گوندەکە دامەزرا.

لەم سەروبەندەدا فەوجێکی جاش لە سپیلکەوە روی کردە مەیدانی شەڕو بەسەر چیای بەنی هەریردا هەڵگەڕا بە مەبەستی گرتنی دەروازەی سەرەکیی کشانەوەی هێزی پێشمەرگە. لەو کاتەدا شەش پێشمەرگەی تر چونە پاڵ هێزەکەی باویانو ژمارەی پێشمەرگەکان گەیشتە ٢٤ پێشمەرگە.

بۆ دابین کردنی رێی دەربازبون، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە بناری تەپکی حەمدانیدا بەسەر چیای بەنی هەریردا کەوتو توانی جاشەکان دەرپەڕێنێ.

شەڕ لە سەعات ٧وە تا سەعات ١٥ درێژەی کێشاو زۆرتر لە ناو گوندو دەوروبەری بەڕێوە چوو. لەو کاتەدا مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەگوندی سیساواوە بەفریای پێشمەرگەکانی باویان هاتو شەڕگەیەکی دیکەی لە چەمی سیساواوە تا گوندی مۆتراوا بۆ دوژمن کردەوەو بە هۆی ئەمەوە شێواوی کەوتە ناو ریزی هێزەکانی دوژمنەوە. لە هەردوو لاوە هێرش کرایە سەر هێزەکانی دوژمنو زۆری نەبرد باویان ئازاد کراو هێزەکانی دوژمن بە پەلەپروزێ بەرەو شەقڵاوە کشانەوە.

ئەو مەفرەزەیەی لە سیساواوە بە فریای پێشمەرگەکانەوە چوو، رۆڵێکی سەرەکیی لەتێکدانی پلانەکانی دوژمندا گیرا. لەو پێشمەرگانەی لەو مەفرەزەیەدا بون: یوسف گەلالی، خدر باویانی، خولە ئەحمەد عەبدوڵلا، فەرمان زانەوێرو ئەحمەد رەسول.

لەم شەڕەدا پێشمەرگە هیچ زیانی نەبوو، زیانی دوژمنیش نەزانراوە.

## بایز تاڵەبانی



دامەزرێنەرو لێپرسراوی دەزگای چاودێریی دارایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو وەزیری دارایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ناوی تەواوی بایز سەعید محەمەد عەبدولغەنی تاڵەبانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٤ی گوندی باداوای سەر بە ناحیەی لەیلانی پارێزگای کەرکوك. هەر لەو گوندە خراوەتە بەر خوێندنو پاشان لە ساڵی ١٩٥٦دا لە کەرکوك درێژەی بەخوێندن داوەو لەوێ قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٥٨ لە کاتێکدا کە خوێندکاری ناوەندیی موسەللا بووە لە کەرکوك، چۆتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٦٥دا پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٦٨ بەکارمەند لە شارەوانیی کەرکوك دامەزراوەو لە ساڵی ١٩٧٠دا گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی هەولێرو هەر ئەو ساڵە بۆتە لێپرسراوی لقی کەرکوکی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٧٢ گوێزراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی کەرکوك. ساڵی ١٩٧٣ بۆتە لێپرسراوی لقی بەغدای یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی سکرتاریەت و هەر ئەو ساڵە لەگەڵ هەر یەك لە دارۆ شێخ نوری، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزاو ئەنوەر قەرەداغیو جەمال حەکیم ئاغا بەشدار بووە لە فیستیڤاڵی جیهانیی لاوان لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات.

ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو لە چۆمان بۆتە پێشمەرگە. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥و گەڕانەوەی بۆ کەرکوك، بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی رومادی لە پارێزگای ئەنبار دور خراوەتەوە. لە کۆتایی هەمان ساڵ گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی گشتی. ساڵی ١٩٩٠ گوێزراوەتەوە بۆ ناسریە.

ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٩٤دا بۆتە ئەندام لە کۆمیتەی ٥ی فەرمانبەران. ساڵی ١٩٩٥ بۆتە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە. ساڵی ١٩٩٦ بەهەمان پلە بۆ مەکتەبی دارایی گواستراوەتەوەو هەمان ساڵ بۆتە بەڕێوەبەری ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی سلێمانی.

لە ساڵی ١٩٩٧ بەدواوە رۆڵێکی پێشەنگی لە دامەزراندنی چەند دەزگایەکی داراییدا گێڕاوە. لەو ساڵەدا دەزگای چاودێریی دارایی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دامەزراندو تێیدا بە پلەی سەرۆکی دیوانی دەزگاکە کاری کردووە. لە ساڵی ٢٠٠١دا دەزگای چاودێریی دارایی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراندووەو دواتر هەر خۆیشی لێپرسراوەتیی گرتۆتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٢ بۆتە وەزیری دارایی‌و ئابوری لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە کابینەی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزیری دارایی‌و ئابوری بووە. لە ساڵی ٢٠١٤ بە پلەی وەزیر خانەنشین کراوە.

لە ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٨دا پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد. ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی، بروسکەیەکی ماتەمینی ئاڕاستەی بنەماڵەکەی کرد، تێیدا هاتبوو کە بایز تاڵەبانی «تێکۆشەرێکی دێرین و کەسێکی بە ئەزموون و شارەزای بواری ئیداریی و دارایی بوو. لە ژیانیدا خزمەتی زۆری بە کوردستان کردووە و پیاوێکی سەر راست و خۆشەویستی ناو خەڵک بوو».

## برادۆست (کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی)

یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧ لە ناوچەی برادۆست. کۆبونەوەکە کە لەسەرچاوە میدیاییەکانی دواتری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خراوەتە ئاستی پلینۆمەوە، سیانزە رۆژی خایاندووە، لە٣١ی ئابەوە دەستی پێ کردووەو لە١٢ی ئەیلولدا کۆتایی هاتووە.

ئەم کۆبونەوەیە لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە چونکە تا ئەو کاتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نە سکرتێری هەبووە، نە مەکتەبی سیاسی‌و نە کۆمیتەی سەرکردایەتی‌و هێشتا هێزی پێشمەرگە رێك نەخرابوو. تاکە دامەزراوە کەهەبوو، دەستەی دامەزرێنەر بوو کە لە حەوت ئەندام پێك پێکهاتبوو و هیچ نوێنەرێکی کۆمەڵەی رەنجدەران و بزوتنەوەی سۆشیالیستی تێدا نەبوو.

لە ساڵانی دواییدا، کاتێک دەست بە نوسینی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دیاریکردنی وێستگە سەرەکییەکانی کرا، ئەم کۆبوونەوەیە پلەی «پلینیۆم»ی پێ درا و لەسەر ئەم بنچینەیە بە یەکەم پلینیۆم لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرا.

کۆبونەوەکە بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی بەڕێوە چوو

و ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکانی هەردوو باڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزوتنەوەی سۆشیالیستی تێدا بەشدار بوو. لە سەرکردەکانی کۆمەڵە، مەلا بەختیار و سالار عەزیز و ئازاد هەورامی و عومەر عەبدوڵلا و لە سەرکردە و کادیرە پێشکەوتووەکانی بزوتنەوە عەلی عەسکەریو ڕەسول مامەندو خالید سەعیدو تاهیر عەلی والی بەگو سەعدی عەزیز بەشدار بون تێیدا.

کۆبونەوەکە پێش هەر شتێکی تر جەختی کردە سەر پێویستیی دیاریکردنی پەیکەری سیاسی- کارگێڕیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی. لەم سەروبەندەدا بڕیار درا یەکێتی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتیی لە نۆزدە ئەندام هەبێو هەر یەکێ لە سێ باڵەکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانو بزوتنەوەی سۆشیالیست و هێڵی گشتی ٦ ئەندامی تێدا هەبێ. لەسەر ئەم بنەمایە، نوێنەرەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە کۆمیتەی سەرکردایەتی بەمجۆرە دانران: شاسوار جەلال، سالار عەزیز، حیکمەت محەمەد کەریم ناسراو بە مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، عومەر عەبدوڵلاو نەوشیروان مستەفا، نوێنەرەکانی بزوتنەوە ئەمانە بون: عەلی عەسکەری، ڕەسول مامەند، خالید سەعید، تاهیر عەلی والی بەگ، سەعدی عەزیزو عومەر مستەفا. نوێنەرەکانی هێڵی گشتی ئەمانە بون: دکتۆر فوئاد مەعسوم، دکتۆر کەمال فوئاد، دکتۆر عومەر شێخموس، حسێن بابە شێخ، عادل مورادو عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا. لە ئەندامانی کۆمەڵە لە کۆمیتەی سەرکردایەتی تەنها شاسوار جەلال نەهاتبوو. لە ئەندامانی بزوتنەوە لە کۆمیتەی سەرکردایەتی، عومەر مستەفا لەدەرەوەی وڵات بوو. ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر بەنوێنەری هێڵی گشتی دانران بەڵام لەوانە تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا، نەوشیروان مستەفا بەپێی ڕێککەوتنێك لەگەڵو لەسەر داوای سەرکردەکانی کۆمەڵە، وازی لە هێڵی گشتی هێنا بوو و وەك نوێنەری کۆمەڵە خرایە لیستی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە. حسێن بابە شێخ لە بنەڕەتدا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر نەبوو بەڵام لەسەر هێڵی گشتی دەژمێردرا. پێنج ئەندامەکەی تری دەستەی دامەزرێنەر هەمویان لە دەرەوەی وڵات بون.

بە هەمان پێودانگ مەکتەبی سیاسی لە سکرتێری گشتیو چوار ئەندام پێك هاتو لێپرساوەتییەکان بەم چەشنە دابەش کران کە هەر یەکێ لە دوو باڵەکەی بزوتنەوەو کۆمەڵە دوو ئەندامی تێدا هەبێ. کەس بۆ نوێنەرایەتی کردنی هێڵی گشتی دیاری نەکرا چونکە جگە لە حسێن بابە شێخ سەرکردەکانی تری باڵی هێڵی گشتی لە ناو وڵات نەبون. بزوتنەوە عەلی عەسکەریو ڕەسول مامەندی لە مەکتەبی سیاسی کردە نوێنەری خۆیو کۆمەڵە شاسوار جەلال و سالار عەزیزی بە نوێنەری خۆی دانا.

کۆبونەوەکە پەیکەرێکی ڕێکخراوەیی بۆ هێزی پێشمەرگە دانا. کوردستانی بەسەر هەشت هەرێمدا دابەش کرد، بۆ هەر هەرێمێك فەرماندەیەکی بۆ هێزی پێشمەرگەی سنوری هەرێمەکە داناو لەم ڕووەوە پلەبەندیی هەرێم (فەرماندەی هەرێم)، کەرت (فەرماندەی کەرت)و مەفرەزە (فەرماندەی مەفرەزە) پەسند کرا. هەرێمەکان بە سازان بەسەر باڵەکاندا دابەش کران. لە هەشت هەرێمەکە کۆمەڵەی ڕەنجدەران چوار هەرێمی کەرکوك، قەرەداغ، پشدەرو شارباژێری دەست کەوت و بزوتنەوەی سۆشیالیست سێ هەرێمەکەی هەورامان، دەشتی هەولێر، خۆشناوەتیی بەر کەوت. باڵی هێڵی گشتی هەرێمی بادینانی دەست کەوت. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا لایەنەکان فەرماندەکانی خۆیان لە هەرێمەکان دیاری کرد. لەم سەروبەندەدا کۆمەڵەی ڕەنجدەران ئەنوەر مەجید سوڵتان، عومەر عەبدوڵلا،

تالیب ڕۆستەم و نەوشیروان مستەفای دیاریکرد، لە کاتێکدا بزوتنەوەی سۆسیالیست تاهیر عەلی والی بەگ، سەعدی عەزیز و سەید کاکەی دیاریکرد لە باڵی گشتیش حسین بابە شێخ بووە فەرماندەی هەرێمی بادینان. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك ڕێکخراوێك کە بە شێوەی کۆنفیدراسیۆن ڕێکخرا بوو، هیچ تەونێکی ڕێکخستنی تایبەت بە خۆی نەبوو. هەر یەك لە دوو باڵەکەی کۆمەڵەو بزوتنەوە ڕێکخستنی تایبەت بەخۆیان لە دێهاتو شارەکاندا هەبوو. لەکۆبونەوەکەدا سەرکردەکانی بزوتنەوە پێشنیاریان کرد ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو بزوتنەوە لەشارەکان تێکەڵاو بکرێن و کۆمیتەی هاوبەشیان لێ پێك بهێنرێ بەڵام سەرکردەکانی کۆمەڵە پێشنیارەکەیان پەسەند نەکرد. لەم سەروبەندەدا کۆبونەوەکە بڕیاریدا دامەزراوەیەکی ڕێکخراوەیی بە ناوی «لق» بۆ دروست کردنی ڕێکخستن بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك بهێنێ. بەپێی ئەم تێڕوانینە بڕیار درا بەقەد ژمارەی پارێزگاکانی کوردستان لق دروست بکرێ و بەمجۆرە بۆ هەر پارێزگایەك لقێك دروست کرا کەئاستەکانی بریتی بون لە لق بۆ هەموو پارێزگا، لیژنەی ناوچە بۆ هەر قەزایەكو ڕێکخراو بۆ ناحیەکان. لێپرساوانی لقەکان ئەندامانی کۆمەڵەو بزوتنەوەو هێڵی گشتی بون بەڵام وەکو کار دەبوایە کار بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەن نەك بۆ باڵەکانی خۆیان. دەستەی بەڕێوەبەری هەر لقێك لە سێ ئەندام پێك دەهات: یەك ئەندامی کۆمەڵە، یەك ئەندامی بزوتنەوەو یەك ئەندامی باڵی هێڵی گشتی. لە لیژنەی ناوچەکانیش هەر وابوو. هەر لقێك لێپرساوێکی لە یەکێ لە سێ باڵەکە بۆ دیاری کرا.

ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆبونەوەکە کە تاڵەبانی بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی، بە شێوەیەکی چڕ گوزارشت لە تێڕوانین و باس و خواسی کۆبونەوەکە دەکات. بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، کۆبونەوەکە پشتگیریی بەعیراقی کردنی شۆڕشی کردووەو وای بۆ چووە کە ڕژێمی حوکمڕان نوێنەرایەتیی بورژوازیی بیروکراتی مشەخۆر دەکا. ڕاگەیەنراوەکە سیاسەتی سوتماك و دەرکردنی کوردی لە خاکی خۆی سەرزەنشت کردوەو ڕژێمی شای ئێرانیشی بەوە تاوانبار کردوە کە لە ڕێی دەزگای ساواکەوە گروپی چەکدار لەئاوارەکانی ساڵی ١٩٧٥ دروست دەکاو دەیاننێرێتەوە بۆ کوردستان بۆ پەکخستنی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. هەروەها ڕاگەیەنراوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد لە عیراق بەشێکە لە خەباتی گەلی عیراق.

## پاشکۆ
## بەیاننامەی کۆتایی خولی یەکەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ناوەڕاستی ئەیلولی ١٩٧٧)

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ماوەی نێوان ٣١ی ئاب - ١٢ی ئەیلولی ١٩٧٧، بە ئامادەبونی زۆربەی ئەندامەکانی، بەوپەڕی سەرکەوتوییەوە خولی یەکەمی کۆبونەوەکانی گرێدا. کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرکردایەتیی ناوەوەو دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، پێکدێت. ئەم دوو سەرکردایەتییە، سەرباری هەندێ لە تێکۆشەرانی بادینان، تێکهەڵکێشی یەکتری کراون.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی تا بەستنی کۆنگرەی یەکەم بە سەرکردایەتیی بەرپرسو ڕێپێدراوی یەکێتی دادەنرێو ئەرکە سیاسیو ڕێکخراوەییو

پێشمەرگەیی‌و فیکری‌و داراییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و ڕێکخراوە پێشمەرگەیی‌و مەدەنییەکانی لە ئەستۆ دەگرێ.

کۆمیتەی سەرکردایەتی لە نوێنەرانی هێڵی پانی پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕ، بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان‌و کۆمەڵەی مارکسی لینینی پێکدێ‌و وەك کۆمیتەیەکی سەرکردایەتیی یەکگرتوو کار دەکا کە هەموو ئەندامەکانی هەوڵ‌و تەقەللای سەرەکیی خۆیان بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو پرنسیپەکانی‌و جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی‌و فراوان کردن‌و سەرکردایەتی کردنی ڕێکخستنەکانی تەرخان دەکەن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستانی سەر بەیەکێتی هێزێکی شۆڕشگێڕی هۆمۆجین و یەکگرتوو پێکدێنێ، ملکەچی یەك سیستم و یەك سەرکردایەتیی هاوبەشەو بۆ وەدی هێنانی دیموکراسی بۆ عیراق‌و ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ کوردستانی عیراق، لە ژێر ئاڵای ئەو شۆڕشە دیموکراتییەدا خەبات دەکات کە لە چیاکانی کوردستانی عیراقدا هەڵگیرساوە، بە جەخت کردن لەسەر ئەوەی کەیەکێتی فۆرمێکی گونجاوە بۆ ڕێکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد، لەو گۆشە نیگایەوە کە یەکێتی ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەییە، لە ناو ڕیزەکانیدا هەلی پێکەوە ژیان و پێگەیشتن بۆ ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکان دەرەخسێنێ.

کۆمیتەی سەرکردایەتی کە ئەندامەکانی بە کۆی دەنگ هەڵبژێردراون، چەند بریارێکی گرنگی بۆ سەرلەبەر ڕێکخستنەوەی یەکێتییە سیاسییەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرکردووە.

کۆمیتەی سەرکردایەتی چەند بڕیارێکی گرنگی بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی یەکێتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عیراق بەپێی بنەما سیاسی‌و ڕێکخراوەییەکانی یەکێتی دەرکردووە، پێکهێنانی لیژنەکانی ناوچەو شارو دێهاتەکانی بە شێوەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو پەسند کردووەو بڕیاری وەگەڕخستنی تێکۆشانی داوە لەپێناوی پەلەکردن لەپەیدابونی ئەو پارتی پێشڕەوە شۆڕشگێڕەی کە دەتوانێ سەرکردایەتیی یەکێتی‌و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی گەلەکەمان بکات، لەگەڵ دێژەدان بەفۆرمە نیمچە بەرەییەکەی یەکێتی، بەو پێیەی کە ئەم فۆرمە فۆرمێکی گونجاوە لەگەڵ بزوتنەوەی کوردایەتی‌و ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکانی کەهەر یەکێکیان هەڵوێستی فیکری‌و فەلسەفیی تایبەت بەخۆی هەیەو هەموشیان یەکگرتنێکی تێکۆشەرانە سەبارەت بە ئامانجە سەرەکییەکان‌و ڕێبازی هاوبەشی تێکۆشان لە نێواندا هەیە. کۆمیتەی سەرکردایەتی بەبایەخەوە دەڕوانێتە پێویستیی خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو ڕێکخراوو شانەکان‌و مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگەو بڵاوکردنەوەی بە شێوەیەکی فراوان لە ناو کۆمەڵانی خەڵکیدا بۆ پەروەردەکردنیان بەبیروباوەڕی یەکێتی‌و شرۆڤەکردن و چەسپاندنی هێڵە سیاسی‌و عەسکەرییەکەی‌و سەقامگیرکردنی بیروباوەڕی برایەتیی تێکۆشەرانەی کوردو عەرەب و بەهێزکردنی پەیوەندیی خەباتگێڕانەی کوردو عەرەب لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی.

کۆمیتەی سەرکردایەتی سیاسەت و هاوپەیمانییەکانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی تاوتوێ کردو بە شێوەیەکی گشتی ئەو سیاسەت‌و هاوپەیمانییانەی پەسند کردو هەروەها جەختی لەسەر پێویستیی تێکۆشان بۆ وەدی هێنانی بەرەیەکی تێکۆشانی جەماوەریی ڕاستەقینە کرد بە جۆرێك کە ئەم بەرەیە هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕە کاراکانی سەر خاکی نیشتمان و هێزە ڕاستەقینەکانی

ناو کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق بگرێتەوە، بە مەبەستی پەلەکردن لە بەعیراقی کردنی شۆڕش، وەك چۆن شۆڕشەکە لە ڕوی بەرنامەو دروشم و ئاراستەو ئامانجەوە شۆڕشێکی عیراقیی دیموکراتە، دەبێ هەروەها بەکردەوە، لەڕوی سەرکردایەتیو پراکتیکیشەوە، شۆڕشێکی عیراقیی دیموکرات بێ.

لە کاتێکدا کەکۆمیتەی سەرکردایەتی بە پێزانینێکی زۆرەوە دەڕوانێتە هەوڵو تەقەللای هەڤالانی ناو وڵات، وەك سەرکردایەتیو کادیرانو جەماوەر، بۆ وەگەڕخستنەوەو جۆشدانی جەماوەرو پێکهێنانی هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستانو ڕاگەیاندنی شۆڕش و بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە قارەمانێتییەکانیان کە جەبەروتی زوڵم و زۆری فاشیستەکانی تێك شکاندووەو ئەوەی سەلماندۆتەوە کەفاشیزم لەبەرئەنجامی کۆتاییدا لە شێرە بەفرینە بەولاوە هیچی تر نیە، هەروەها لە کاتێکدا کە کۆمیتەی سەرکردایەتی سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدە پاڵەوانەکانمان دادەنەوێنێ کەگاڵتەیان بەتیرۆری فاشستی هاتووەو مەردانە پێشوازییان لە مەرگ کردوەو گیانی خۆیان لەپێناوی سەروەریی نیشتماندا بەخت کردووە، لەو کاتەدا کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاریداوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر بنچینەیەکی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانە، ڕێك بخاتەوەو ریزی پێشمەرگە تۆکمە بکاتو گۆشی بکات بەبیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی یەکێتیو گیانی خەباتی جەماوەریو پرنسیپەکانی پشت بەستن بە هێزی گەلەکەمانو دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری ڕەنجدەرو خزمەت کردنی گەلو بەرگری کردن لەنیشتمان، هەروەها بڕیاریداوە هێزی پێشمەرگە بەگیانی برایەتیی تێکۆشەرانەی کوردو عەرەب پەروەردە بکاتو ڕاستیی تێکۆشانی سەخت و دورو درێژی تێگەیەنێ، روی ڕاستەقینەو شێوازی دڕندانەی دوژمنانی بۆ ئاشکرا بکاو فێری جیاکردنەوەی دۆستو دوژمنو هاوپەیمان و دوژمنی بکات.

هەروەها کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاری داوە تا ئەندازەیەکی گونجاو ژمارەی پێشمەرگە زیاد بکات، بەجۆرێك کە بگونجێ لەگەڵ درێژەپێدانی شەڕی پێشمەرگانە لە کوردستانی عیراق کەشەڕێکە ڕێساو تاکتیکەکانی لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن کە ئامانجی شۆڕشەکەمان پڕوکاندنی دوژمنو بڕینی بڕست و کلۆرکردنی ناخێتی بۆ ڕێ خۆش کردن بۆ ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی چەکدار لەسەر دەستی جەماوەری گەلانی عیراق بە بەشداریی ڕۆڵە بەئەمەکەکانی لە هێزە چەکدارەکانی عیراق. ئەمەش بەم واتایە دێت کە ئێمە پێویستمان بەکوالیتیی باشە نەك ژمارەی زۆرو بۆرو پێویستمان بە بەرپاکردنی شەڕی پارتیزانییە بەپێی ڕێسا شۆڕشگێڕییە هاوچەرخەکانی نەك بەپێی ڕێوشوێنە خێڵەکیو سواوەکان.

کۆمیتەی سەرکردایەتی چوەتە سەر ئەو باوەڕەی کەدرێژەپێدانی شۆڕش بەپشت بەستن بەهێزەکانی گەلانی عیراق بە هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبو کەمینە چەوساوەکانی وەك تورکمانو ئاشورییەکانو هی ترەوە بە هاوکاریو هاوئاهەنگیی تێکۆشەرانە لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکانی ناوەوەو دەرەوەی کۆڕی نیشتمانیی عیراق، شتێکی مومکینو پێویستە، چونکە ئەو تاقمەی کەخۆی بەسەر پارتی دەسەڵاتدارو بەرەو ڕژێمی عیراقدا سەپاندووە تاقمێکی فاشیستە نوێنەرایەتیی بورژوازیی بیروکراتی مشەخۆری دژ بەهەموو گەلی عیراق دەکاو دەرونی پڕ ڕق و کینەو شۆڤێنیزمە بەرامبەر بەنەتەوەی کوردو لەم روەوە نەتەوەی کورد لەسەر دەستی ئەم تاقمە توشی جەنگی سەرتاپاگیری قڕکردن بووە بە مەبەستی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی کوردستانو

راگواستنی سەدان هەزار جوتیارو کرێکاری کوردو چۆڵ کردنی سنوری عیراق ـ تورکیاو عیراق ـ ئێران لەکوردو نیشتەجێ کردنی خەڵکانی تر تێیدا بۆ ونجڕ کردنی نەتەوەی کوردی دابەشکراو بەسەر ئەم وڵاتانەدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر تەواوی نەتەوەی کورد. ئەم تاقمە لەجەنگدا دژ بەگەلەکەمان دزێوترینو دڕندانەترینو توندوتیژترین شێوازی فاشیستی لە دژی دانیشتوانی بێتاوان بەکار دێنێو سیاسەتی خاکی سوتماك لە کوردستان پیادە دەکات. ئەم سیاسەتە تا ئێستا بۆتە مایەی راماڵینی سەدان گوند لە ناوچە بەربڵاوەکانی بادینان، هەولێر، کەرکوك، خانەقین، شنگال، تەلەعفەرو زەممار. ئەو دڕندایەتییەی کەتاقمی فاشیست لە دژی خێزانی تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکان، لە زیندانە ترسناکەکاندا، بەکۆمەڵ، لە دژی پیاوان و ژنانو منداڵان، بەکاری دێنێ، نمونەیەکی رونە لەسەر سوکایەتی کردن بەهەموو داب و نەریتی نێودەوڵەتیو مرۆڤایەتیو عەرەبیو ئیسلامی.

خەباتمان لە دژی ئەم تاقمە فاشیستە بەشێکە لە خەباتی جەماوەری گەلەکەمانو هێزە شۆڕشگێڕەکانی لەوانە هێزە بەعسییە پێشکەوتنخوازەکانی ناو پارتی دەسەڵاتدارو سوپای عیراق، بۆیە ئێمە هیوامان بە هێنانە کایەی فراوانترینو باشترین پەیوەندیی تێکۆشەرانەیە لەگەڵ باڵە نیشتمانیو پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕەکانی ناو پارتی دەسەڵاتدارو سوپای عیراق لە چوارچێوەی بەرەیەکی تێکۆشانی جەماوەریدا کە تێ بکۆشێ بۆ هێنانە سەر کاری حوکمی ئیئتیلافی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازو رزگارکردنی عیراق بەکوردو عەرەبەوە لەم تاقمە فاشیستە کە تەنانەت پارتی دەسەڵاتدارو بەرە و سوپای عیراقیشی دوچاری ئەشکەنجەیەکی فاشیستییانە کردووەو هەموو ئەمانەی لە ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییە پان عەرەبیستیو پێشکەوتنخوازییەکان دور خستۆتەوە.

لە کاتێکدا ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی، ئەرکێکی پیرۆز بەسەر سوپای عیراقدا دەسەپێنێ ئەویش بەشداری کردنە لە نەبەردی نەتەوەی سەرفرازی عەرەب لە دژی دەستدرێژیی زایۆنیستی ـ ئیمپریالیستی کە ئەمەش بەم مانایە دێت کە دەبێ سوپای عیراق لەبانی جۆلانو باشوری لوبنان و سەر لێواری روباری ئوردون بێ (نەك لە چیاکانی کوردستان) بۆ بەرگری کردن لەشۆڕشی فەلەستینو مافە رەواکانی عەرەب، سوپای عیراق پاڵی پێوە دەنرێ بۆ شەڕی براکوژیو کوشتنی برا کوردەکانی خۆی کەهاوبەشی ئەون لەنیشتمانو ئایندەی وای لێ دەکرێ کەناوبانگە نیشتمانییە شایستەکەی لەکەدار بێ چونکە ناچار دەکرێ بکەوێتە گەڕ بۆ سوتاندنی گوندو باخو رەزو کێڵگەکانی عیراقی نیشتمانیو کوشتنی منداڵانو ژنانو بەساڵاچوان. دیارە ئەم تاوانە بەتەواوی لەگەڵ دابونەریتی سوپای شۆڕشە سەرفرازەکەی ١٤ی تەموزدا ناسازێت.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بانگەوازی برایەتیی راستەقینە ئاراستەی لایەنە بەعسییە پێشکەوتنخوازەکانو ئەفسەرە ئازادەکانی ناو سوپای عیراق دەکاتو داوایان لێ دەکات پەی بەئەرکی نیشتمانیو نەتەوەییو مرۆیی خۆیان بەرنو روو بکەنە تێکۆشانێکی هاوبەش بۆ رزگارکردنی گەلانی عیراق لە نەهامەتیو ستەمی فاشیزم و وەیشومەی شەڕی ناوخۆی ماڵوێرانکەر بۆ ئەوەی عیراقی نیشتمانی خۆشەویستمان بنیات بنێن، رژێمی ئیئتیلافی دیموکرات دابمەزرێنینو مافو ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ گەلانی عیراق دەستەبەر بکەین بە ئۆتۆنۆمیی راستەقینەوە بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا، ئەو کۆمارەی کە دەبێ بکرێتە قەڵایەکی شۆڕشگێر بۆ رۆشن کردنەوەی تاریکیی رۆژهەڵاتمانو هەروەها بۆ ئەوەی ئابوریی

نیشتمانیمان و ژیانی کەلتوریی نوێمان بنیات بنێین‌و وزە مرۆیی‌و سوپایی‌و ماددییەکانی عیراق بخەینە گەڕ بۆ بەشداری کردن لە نەبەردی نەتەوەی عەرەب لە دژی دەستدرێژیی زایۆنیستی - ئیمپریالیستی‌و بۆ بەرگری کردن لەسەربەخۆیی عیراق‌و خاکەکەی کەفاشیزم لەهەڕاجخانەی پیلانگێڕاندا لە دژی هەردوو نەتەوەی برای کوردو عەرەبدا بەئێرانی شاهنشای فرۆشتووە.

هەروەها کۆمیتەی سەرکردایەتی پەی بە هەڵسوڕان و جموجوڵی تێکدەرانەو تاوانکارانەی کۆنەپەرستانی ئێران لە دژی شۆڕش دەبا، ئەو هەڵسوران‌و جموجوڵەی کە لەلایەك خۆی لەهەماهەنگیی هەوڵ‌و تەقەللاکاندا لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی عیراقدا دەبینێتەوەو لە لایەکی ترەوە خۆی لەگێڕانەوەی چەند تاقمێکی گومانلێکراوی پەنابەرە کوردەکانی ناو ئێراندا دەبینێتەوە. پرۆسەی گێڕانەوەی ئەو تاقمانە بۆ کوردستانی عیراق لەزیادبوندایە و ئێستا رۆڵی تێکدەرانەی ئەو تاقمانە کەگومان دەکرێ پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ساواکدا هەبێ، زۆر بەڕونی دەرکەوتووە. ئەم تاقمانە بە ناوی سەرکردایەتیی کاتیی پارتییەوە دەرکەوتون و کەوتونەتە ژاوەژاوێکی پرۆپاگەندەیی درۆزنانە لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەندێ تاوانیان ئەنجام داوەو پاشان پەیوەندییان بەهێزەکانی حکومەتی عیراقەوە کردووە. تا ئێستا زێدەتر لەدە تاقمی خۆ فرۆش ئەم جۆرە کارانەیان کردووە. ئەم تاقمانە بەسەرۆکایەتیی چەند تاوانبارێکن وەك خلە رەشید بەحری، سابیر مینە رەندان، عوسمان شێخ فەتاح، قالە فەرەج، تەحسین شاوەیس، محەمەد شێخ حەسەن، مولازم حەسەن عەبدوڵڵا، رەمزی سەففارو مەهدی شنگالی کەهەر هەمویان بە ڕەزامەندیی ساواك و هەندێ گروپی نیشتەجیی کەرەج لە ئێرانەوە هاتونەتەوە. هەروەها هەندێ تاقمی دیکەش هەن کە لەم دواییەدا هاتونەتەوەو خێزانەکانیان لە کۆشکەکانی کەرەج نیشتەجێن و یارمەتیی مانگانە لە ساواك وەردەگرن بۆ ئەوەی هەمان رۆڵی تێکدەرانەو تاوانکارانەی تاقمە هاوشێوەکانیان کەئێستا بونەتە جاش، بگێڕن.

بێدەنگیی فاشیزمی عیراق بەرامبەر بەم دەستێوەردانە ئاشکرایەی ئێران، سەرەڕای ئەوەی کەئەو تاقمانە خۆیان رادەستی عیراق کردۆتەوەو چۆنێتی‌و وردەکاریی گێڕانەوەیان لە لایەن ساواکەوە بۆ عیراق ئاشکرا کردووە، مایەی وروژاندنی پرسیار گەلێکی رەوایە دەربارەی دەست تێکەڵاوکردنی فاشیزم لەگەڵ کۆنەپەرستانی ئێرانداو رێککەوتنیان لەسەر پیلانگێڕان لە دژی شۆڕش بەو ئومێدەی کە بتوانن شۆڕشەکە لە ناوەوە هەڵ تەکێنن.

ئەم راستییانە روی گەشی نیشتمانپەروەریی شۆڕش‌و پوچەڵیی تۆمەتەکانی فاشیزم دەردەخەن‌و بەڵگەی ئەوەشن کە شۆڕشەکە هەڕەشەیەکی شۆڕشگێڕانەی لەسەر رژێمە کۆنەپەرستە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان دروست کردوە چونکە ئەو رژێمانە چاویان بەرایی نادا شۆڕشێکی دیموکرات لە چیاکانی کوردستانی عیراقدا هەڵبگیرسێت‌و رێی خەباتی سەرفرازی گەلانی رۆژهەڵات روناك بکاتەوە، ئەو گەلانەی کەگیرۆدەی دەستی ئیمپریالیزم و رژێمە کۆنەپەرستە دکتاتۆرەکانن. هەروەها ئەم راستییانە ئەوە ساغ دەکەنەوە کەئەم تاقمانە بۆ هەردوو فاشیزمی ئێران‌و عیراق رۆڵی ئەسپی تەروادە (troy) دەبینن‌و بەهۆی ئەمەوە مۆری گەورەترین ناپاکی بەرامبەر بە نیشتمان لە تەوێڵیان دەدرێ.

بەرامبەر بەم کەیسە، کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری پێویستی دەرکردووە بۆ کەوتنە گەڕ بۆ بەرپەرچدانەوەی کۆنەپەرستانی ئێران و ریسواکردنی ئەو تاقمە خۆفرۆشانەو رۆڵی خیانەتکارانەیان لە دژی شۆڕشە

ديموكراتييەكەی عیراق كە لە چیاكانی كوردستانی عیراق هەڵگیرساوە.

ئەی كۆمەڵانی خەڵكی عیراق، ئەی نیشتمانپەروەرە پێشكەوتنخوازەكان، ئەی ئەفسەرە ئازادەكان، ئەی سەربازە سەربەرزەكان:

ئەركی نیشتمانیمان كەهاندەرمانە بۆ بەرپاكردنی خەباتی چەكدار بریتییە لەبەرگری كردن لەسەربەخۆیی كۆماری عیراق، ئەو سەربەخۆییەی كەتاقمی فاشیست كردویەتی بەبارمتە لە دەرباری شاو بە هۆی چەند سەودایەكی نهێنییەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریكادا كۆت و بەندی لەسەر داناوە، ئەركی نیشتمانیمان بەرگری كردنە لەسەربەخۆیی ئابوریی نیشتمانەكەمان كە فاشیزم كردویەتی بەپاشكۆی مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییەكانی ئەڵمانیاو ئەمریكاو بریتانیاو فەرەنساو ژاپۆن بە جۆرێك كە ئابورییەكە گیرۆدەی ئەختەبوتی ئیمپریالیزم بووەو زۆر بە توندی پێوەی بەستراوەتەوە، ئەركمان بەرگری كردنە لە مافی گەلی عیراق لەدیموكراسیو خۆحوكم كردن لە ڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەكانییەوەو دامەزراندنی دەسەڵاتە نیشتمانییە دیموكراتییەكەی لە جێی فەرمانڕەوایی ئەو تاقمە دكتاتۆرەی كەتێكڕای گەلی عیراقی دوچاری دكتاتۆرییەكی فاشیستانەی رەش كردووە، ئەركمان بەرگری كردنە لەبرایەتیی كوردو عەرەب كە لەسۆنگەی سیاسەتە شێتگیرانەكەی فاشیزمەوە، سیاسەتی جینۆسایدكردنی نەتەوەی كوردی برای نەتەوەی عەرەب، كەندو كۆسپی تێكەوتووە. ئەركمان بەرگری كردنە لەسامانە زۆرو زەبەندەكانی عیراق كە تاقمی فاشیست بەفیڕۆی دەداو وەك سامانێكی بەمیرات بەجێماو بۆ خۆیو بنەماڵەی دەسەڵاتدارو دەستوپێوەندەكانی مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، لە كاتێكدا عیراق گیرۆدەی تەنگژەی ئابوری بووەو جەماوەری گەلەكەمان بەدەم كەمیی كەرەستەی پێویستەوە دەناڵێنن و پرۆژەكانی پەرەپێدانو پیشەسازیو پرۆسەكانی ریفۆرمی كشتوكاڵ لە ژێر گورز و چەمكەكانی سەرمایەداریی دەوڵەتی وابەستەی ئابوریی جیهانی سەرمایەداریو ئیمپریالیستیدا، توشی هەڵەنگوتن بون.

لەم سۆنگەیەوە داواتان لێ دەكەین پەی بە ڕاستیی شۆڕشەكەمان بەرن چونكە شۆڕشەكەمان لەڕوی ناوەڕۆكو ئامانجەوە شۆڕشی ئێوەیەو دەمانەوێ لە ڕوی پێكهاتەو سەركردایەتیشەوە شۆڕشی ئێوە بێ، بۆیە داواتان لێ دەكەین بەشداریی تێدا بكەنو پشتگیریی بكەن بۆ ئەوەی هەمومان لە چوارچێوەی بەرەیەكی فراوانی جەماوەریدا، لە دژی فاشیزمی دوژمنی كوردو عەرەب و هەموو هاووڵاتییان، لە دژی فاشیزمی نۆكەری كۆلۆنیالیزمی نوێ كە دەیەوێ دەست بەسەر ئابوریو سامانی عیراقدا بگرێ، یەكگرین.

ئەی پێشمەرگە قارەمانەكان:

خۆڕاگریی دلێرانەتان لەبەردەم لەشكركێشیی دڕندانەی سوپاییدا كەفاشیزم شەش تیپی سوپاو كۆماندۆو دەیان هەزار پۆلیسو پاسەوانی سنورو جاشی تێدا بەكار هێناوە، بەڵگەی خۆڕاگریی گەلەكەمانە بەڕوی فاشیزمداو بۆتە مایەی جۆشو خرۆشی هەموو تێكۆشەرانو هاووڵاتییانی بەشەرەف.

یەكریزیتان تۆكمەتر بكەن، هەڵمەتی رۆشنبیریو هۆشیاریی شۆڕشگێڕانەو هەڵمەتی مەشقو راهێنان لەسەر شێوازەكانی شەڕی پێشمەرگانە فراوان بكەن، پەیوەندیتان لەگەڵ جەماوەردا بەهێزتر بكەن، بەرەو فیدراكاریو خۆبەخت كردن لەپێناوی گەل و نیشتماندا.

ئەی جەماوەری گەلی خۆڕاگری كورد:

لە كاتێكدا كەسەری رێزو نەوازش بۆ گیانی بەرزی تێكۆشانتان دادەنەوێنین، ئەو گیانەی كە

ڕێوشوێنە فاشیستییە سامناکەکان نەیانتوانیوە چۆکی پێ دابدەن، داواتان لێ دەکەین بەردەوام بن لەسەر پشتگیری کردن و یارمەتیدانی شۆڕشەکەتان کە بەرگری لە بونی نەتەوەییتانو لە کوردستانەکەتانو لەپەیوەندیی برایانەی تێکۆشەرانەتان لەگەڵ جەماوەری گەلی برای عەرەب دەکات. ئێمە بەپشت بەستن بە هێزی داهێنەرانەی جەماوەر دەستمان داوەتە خەباتی چەکدار، بۆیە داواتان لێ دەکەین بە پارەو چەکو زانیاریو ڕێنمایی پێویست یارمەتیی هێزی پێشمەرگە بدەن چونکە هێزی پێشمەرگە هێزی ئێوەیەو بەرگری لە شەرەفی نیشتمانیتانو مافی ژیانی سەربەرزانەتان لەسەر خاکی باو باپیرانتان دەکات. هەموان بۆ ئەوە بانگهێشت دەکەین کە پەی بە دڕندایەتیی دوژمن بەرنو ڕاستیی نیازەکانی تێ بگەن کەهەوڵ دەدا نەتەوەی کورد لە ناو بەرێو ئاسەواری، وەك نەتەوەیەکی جیاوازی خاوەن مافی ڕەوای سودمەندبون لەمافە نەتەوەییەکانی، لەسەر خاکی کوردستانەکەی خۆی نەهێڵێت. ئەمە لە کاتێکدا کە لەم سەردەمەدا، گەلی کوردی لێ دەرچێ، گەلێك نەماوە لەڕۆژهەڵاتدا لەهەموو مافەکان بێبەش کرا بێ. هەڕەشەکە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەو گەورەیەو هیچ بوارێك بۆ ساتوسەوداو گوێ پێ نەدان نەماوە، بەڵکو دەبێ هەموو کوردانی بەشەرەف بکەونە جۆشو خرۆشو ئامادەی هەموو قوربانیدان و هەموو فیداکارییەکی پیرۆز بن، بەجۆرێك کەکوردە خۆفرۆشەکان، ئەوانەی کە بەردەوام دەبن لەسەر بەشداری کردن لە حکومەتو دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی، چیتر لێیان قبوڵ ناکرێ خۆیان بە کورد بزانن. ئێمە لێرەدا لێبوردن بۆ هەمویان دەردەکەینو داوایان لێ دەکەین بگەڕێنەوە بۆ ڕیزی گەلەکەیان. بەپێچەوانەوە، وەك ناپاکترینو تاوانبارترین خۆفرۆش تەماشا دەکرێنو زۆر بە سەختی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێو بەهیچ جۆرێك لە سزای ڕەوا دەربازیان نابێ بەبێ گوێدانە ئەوەی کە سەر بە چ لایەنێکی سیاسیو ڕێکخراوێکن.

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی قارەمان:

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مژدەی ئەوەتان پێ دەدا کەکۆبونەوەکانی سەرکەوتوو بون لەداڕشتنی نەخشە سیاسیو پێشمەرگەییە شۆڕشگێڕەکانی تایبەت بەپەرەپێدانو سەرخستنی شۆڕشو بەم بۆنەیەوە کۆمیتەی سەرکردایەتی بەڵێنی ئەوەتان پێ دەدا کە تا دوا هەناسە لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراقو ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ گەلی کورد بەردەوام بێ لەسەر تێکۆشانو لەبەردەمتان خۆی بەوە پابەند دەکات کەبەردەوام بێ لەسەر ڕەوتی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازانەی دژ بەئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سەنتۆو دکتاتۆریو بەهیچ جۆرێك ڕێ بەکۆنەپەرستانی دراوسێ نادات جارێکی تر یاری بە مەسەلەی گەلەکەمان بکەن یان ئەو شۆڕشە دیموکراتییەی لێ تێك بدەن کە ئەمڕۆ لە چیاکانی کوردستانی عیراقدا هەڵگیرساوە، بەڵکو دەستی هەموو ئەوانە دەبڕێ کەیاری بە خەباتی گەلی کورد وەك کارتێکی قومار دەکەن. تێکۆشانی ئێمە بەشە شۆڕشگێڕە گرنگەکەی تێکۆشانی گەلانی قارەمانی عیراق پێکدێنێ.

سەرکەوتن بۆ ئەو شۆڕشە دیموکراتییەی عیراق کە لەچیاکانی کوردستانی عیراقدا هەڵگیرساوە.

بژی برایەتیی تێکۆشەرانەی کوردو عەرەب.

سەروەری بۆ پێشمەرگە دلێرەکان.

نەمری بۆ شەهیدە قارەمانەکان.


**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**کۆمیتەی سەرکردایەتی**

تێبینی: تێکستەکە لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی نوسراوەو بە شێوەی بەیاننامە بڵاوکراوەتەوە. پاشان

لەگەڵ ٢٦ دیکۆمێنتی تردا، لە دوتوێی کتێبێکدا بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی «دەربارەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق» لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧، جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە. ئەو تێکستەی کە لە وەرگێڕاندا بۆ سەر زمانی کوردی پشتی پێ بەستراوە، ئەو تێکستەیە کە لە کتێبی ناوبراو وەرگیراوە. شیاوی ئاماژە پێ کردنە کە تاڵەبانی خۆی ئەم بەیاننامەیەی نوسیوەو ئەم بەیاننامەیە یەکەم بەیاننامەیە کە تاڵەبانی بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لە ناو وڵات نوسیویەتی.

## برایم جەلال




پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوو و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ی شاری سلێمانی. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی ماردینی کە لە ساڵی ١٩٠٢دا لە سلێمانی نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٩٤٧دا لەسۆنگەی کارو کاسبیی باوکییەوە، لەڕانیە گیرسایەوەو هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد. خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٦٢دا چووە ریزی شۆڕشەوەو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٦٤ پشتیوانیی لە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ وازی لە ڕیزەکانی هێنا.

ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستاندا پەیوەندیی پێوە کرد. ساڵی ١٩٧٢ لەفەرمانگەی خانەنشینیی کەرکوك وەك کارمەند دامەزراو لەم ماوەیەدا هەڵسوڕانی سیاسیی سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی راکێشا، لەئایاری ١٩٧٤دا دەستگیر کراو خرایە ژێر ئەشکەنجەوە. پاش ئەوەی کە هیچی لەسەر ساغ نەبۆوە، ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٧٤، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو دوا بەدوای نسکۆی شۆڕش، گەڕایەوە، بەڵام ڕێی پێ نەدرا لە کەرکوك نیشتەجێ بێ، بۆیە ماڵی بۆ سلێمانی گواستەوە.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای شالاوی دەزگا



ئەمنییەکان لە دژی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی شیرازەی ڕێکخستن، لەگەڵ چەند کادیرێکدا بەشدار بوو لە پێکهێنانی «کۆمیتەی شارەکان» کە ئەرکەکەی فریاکەوتنی ڕێکخستنە پەراگەندەکان بوو. ساڵی ١٩٧٨ بووە پێشمەرگە و هەر ئەو ساڵە لە کۆبوونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکان لە گوندی شێنێ بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردرا. ساڵانی دواتر چەند لێپرساوەتییەکی وەرگرت وەک لێپرساوێتییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی و ڕێکخراوی کەرکوکی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٧ لە ئەڵمانیا گیرسایەوە.

ساڵی ٢٠٠٩ بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانرا و لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیدا لە ساڵی ٢٠١٠، بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندو پاشان وەك جێگری دووەمی سکرتێری ناوەند هەڵبژێردرا. لە کۆتایی تشرینی دووەمی ٢٠١١دا دەستی لەپۆستەکەی وەك جێگری دووەمی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند کێشایەوە.

چەند بەرهەمێکی چاپکراوی هەیە. هەندێ لە نوسینەکانی، لەوانە ئەو نوسینانەی باس لەڕۆڵی کادیر لە ژیانی سیاسیدا دەکەن، لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا لە خولی کادیران وەك سەرچاوە دەخوێندران. هەروەها کتێبێکی بە ناونیشانی «چەپکێک لە مێژوی کۆمەڵە» کە ساڵی ٢٠١١ لە سلێمانی چاپی کردووە، مشتومڕێکی زۆری نایەوە و هەندێ لەوانەی لە کتێبەکەدا ناویان هاتووە، بە توندی وەڵامیان دایەوە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «فەرهەنگی سیاسی» (١٩٨٤)، «خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول: بنیاتنان و هەڵتەکاندن» (چاپی سێیەم ١٩٩٩).

## برایم حاجی کوێخا*



فەرماندە، ناوی تەواوی برایم ئەحمەد ڕەسول. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٨ی گوندی کۆیلەی دۆڵی باڵەیانی سەر بە قەزای چۆمان. لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردووەو وەك پێشمەرگە ڕۆڵێکی دیاری لەچەند شەڕێکی گەورەدا هەبووە وەك شەڕەکانی زۆزکو هەندرێنو کوڕەکو کۆسپی سپیو گەلی عەلی بەگو سەرتیز.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بوو. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ساڵی ١٩٧٦، ئێرانی بەجێ هێشت، گەڕایەوە بۆ دۆڵی باڵەییانو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لە تشرینی دووەمدا بەشدار بوو لە تێکشکاندنی گەورەترین لەشکرکێشیی سوپای عیراق بۆ سەر دۆڵی باڵەییان. ساڵی ١٩٧٧ پاش پێکهێنانی هەرێمەکان، کرایە فەرماندەی کەرتی ٣ی هەرێمی ٧ی باڵەك. کەرتەکەی نزیکەی پەنجا پێشمەرگەی هەبوو.

سەرەڕای نەخوێندەواریی، ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی چینایەتیی هەبوو. ئەمەش ڕۆڵێکی دیاری لە پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە هەبوو.


ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکانو پیادەکردنی سیستمی تیپەکان، وەك فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٧٤ی باڵەك مایەوە. ساڵی ١٩٨٢ لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەکانی شەڕدا لە بەرپەرچدانەوەی

هێرشەکانی سوپای پاسدارانی ئێراندا گیرا. ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەك.

لە٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ بەرپەرچی هێرشێکی بەربڵاوی هێزەکانی عیراقی لەقۆپی ئەستێرێ دایەوەو نەیهێشت هێرشەکە ئامانجەکانی بەدەست بێنێ. شەڕەکە هەشت سەعاتی خایاندو پەرییەوە بۆ زنجیرە چیاکانی ترشین و چۆمە کەدەڕواننە سەر تەواوی دۆڵی باڵەیان. لەم شەڕەدا کە کوژرانی زیاتر لە٨٠ سەرباز و کۆماندۆی لێ کەوتەوە، خۆی و دوو پێشمەرگەی تر شەهید بون.

دوای شەهید بوونی ڕەسول حاجی کوێخای برای لە شوێنی کرایە فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک.

## برایم حسێن شەریف*




فەرماندەی کەرت. ناسراو بە سەید برایم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی شاری چەمچەماڵ. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو پاش ساڵێك پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ بۆتە پێشمەرگە. دواتر گوێزرایەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتیو ماوەیەك لە ناوزەنگ گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٠ گوێزرایەوە بۆ هەرێمی ٢ی کەرکوكو لەوێ بوو بە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکانو کارکردن بە سیستمی تیپەکانو پێکهێنانی تیپی ٢١ی کەرکوك، لە سنوری تیپە تازەکە درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی دا.

ساڵی ١٩٨٣ لە کاتی بەڕێوەچونی شەڕەکانی قەندیل لە دژی هێزەکانی بەرەی جود لە چیای قەندیل و دۆڵی باڵەیان و دۆڵی شەهیدان و ناودەشت، لەگەڵ هێزەکانی تیپی ٢١ی کەرکوکدا بەشداریی لەئۆپەراسیۆنەکەدا کردو لە سۆنگەی ئەو دلاوەریو ئازایەتییەی کە لەو ئۆپەراسیۆنەدا نواندی، بەبڕیاری تالەبانیی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پلەی بەرز کرایەوە، کرایە فەرماندەی کەرتو دوای تەواوبونی ئۆپەراسیۆنەکەش دەمانچەیەکی چواردەخۆری پێشکەش کرا. پاش ئۆپەراسیۆنی قەندیل، بە پلەی فەرماندەی کەرت بۆ کەرتی ٣ی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان گوێزرایەوە.

لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی دەشتی کەرکوك و سەرجادەی شوان - تەقتەقو چەمچەماڵو تەکیەو ئاغجەلەرو ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوانی کوردستانی ئێران و شەڕەکانی بێتواتە و حەمك و حەیدەر بەگدا کردووە.

شەوی ١٤ لەسەر ١٥ی شوباتی ١٩٨٥ لە سەروبەندی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی دابان-هەلاجدا لە کاتی هێرش کردنە سەر رەبیەی قوڵە پوشینەی کلکەی چیای پیرەمەگرون لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێکانی شەهید بوو.

## برایم حسێن عەبدوڵڵا



یاساناس و پێشمەرگەی دێرین. ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. ناسراو بە حاکم برایم. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٨ی گوندی زەرداو لە قەزای کفری.

لە قۆناغی ناوەندیدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٧ دواناوەندیی لە شاری خانەقین تەواو کردو بۆ ساڵی دواتر لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیرا، بەڵام دوای سێ مانگ لەبەر هۆکاری سیاسی وازی لەخوێندن هێنا.

ساڵی ١٩٦٨ بوو بە ئەندامی لیژنەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەخانەقین و دواتر بووە ئەندامی لقی یەکێتیی قوتابیان لە پارێزگای دیالە.

ساڵی ١٩٧١ لە کۆلێجی یاسای بەغدا وەرگیراو هەمان ساڵ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٣ بووە ئەندامی لیژنەی شاری بەغدای کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٧٥ کە لەدوا قۆناغی کۆلێجی یاسا بوو، لەگەڵ ژمارەیەك هەڤاڵی تری لە لایەن ئەمنی بەغداوە دەستگیر کراو دواتر بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی نهێنی، بە شەش ساڵ زیندانی حوکم درا. لەئابی ١٩٧٩ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا. دوابە دوای ئەمە، گەڕایەوە بۆ زانکۆو ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردو بەکالۆریۆسی یاسای بەدەستهێنا.

لە ١٦ی ئابی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بووە دادوەر لە دادگای باڵای شۆڕش. ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی وتوویژی نێوان یەکێتی و حکومەتی عیراق، لێپرسراوەتیی ئیدارەی مەکتەبی سیاسیی لە سورداش گرتە ئەستۆ. دوای بەئەنجام نەگەیشتنی وتوویژو دەستپێکردنەوەی شەڕ، بەلێپرسراوی دادگای مەڵبەندی ١ لەقەرەداغ دانرا.

ساڵی ١٩٨٨ دوای شاڵاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، بەخێزانەوە لە سەقز گیرسایەوە و لەو ماوەیەدا سەرەڕای کاری وەك دادوەر و سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامی لیژنەی ڕێکخراوی ٤ی کۆمەڵە بوو، وەك وەرگێڕو هەواڵساز هاوکاریی دەستەی بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانی کرد.

ساڵی ١٩٨٩ بەشداریی لە دامەزراندنی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستاندا کرد کە کۆنگرەی دامەزراندنی لە ٣ و ٤ی ئەیلول لەزەڵێ بەسترا.

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، گەڕایەوە بۆ کوردستان و دواتر لە شارباژێر بوو بە دادوەر لە دادگای بەرەی کوردستانی. ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەندامی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی و ساڵی ١٩٩٣ بووە بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٤-١٩٩٨ کارگێڕی یاساو مافی مرۆڤ بوو لەمەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی و لەو ماوەیەدا، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی، بەرنامەی یاساو مافی مرۆڤی بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئامادە کردو زنجیرە وتارێکیشی بەهەمان ناوەڕۆك بۆ رادیۆی مەڵبەندی سلێمانی ساز کرد. لە زۆربەی خولەکانی کادیرانی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی وانەی دەربارەی مافی مرۆڤ و هەڵبژاردن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وتۆتەوە.


لە ماوەی نێوان ١٩٩٨-٢٠٠٥ بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی پیشەسازی و وزە بوو لە سلێمانی و دواتر بووە بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان لەوەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی.

لە خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند بە ئەندام دانراو لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردراو لە ناو ئەنجومەن لێپرسراوەتیی کۆمیسیۆنی سکاڵاو لێکۆڵینەوەی گرتە ئەستۆ.

بابەتی پەیوەندیدار:

*یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان.

# برایم عەزۆ*



فـــەرمـــانـــدە و پێشمەرگەی مەفرەزە سـەرەتـایـیـەکـانـی دەسـتـپـێـکـردنـەوەی خـەبـاتـی چـەکـدار لە کوردستان، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩ی گوندی گرڤر لە ناحیەی زوممار کە چەند کیلۆمەترێك لە باشووری چاڵە نەوتەکانی کۆمپانیای نەوتی عێن زالەوە دوورە. ساڵی ١٩٦١ خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لەگوندەکەی خۆی تەواو کردوە و رووی کردۆتە تەلەعفەر بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی، دواتر خوێندنی بۆ موسڵ گواستۆتەوە و ساڵی ١٩٦٤ خوێندنی ناوەندیی لەوێ تەواو کردوەو هەر لەوێش لە ساڵی ١٩٦٧دا قۆناغی ئامادەیی تەواو کردوە.

ساڵی ١٩٦٧ لە بەشی کارەبای کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی موسڵ وەرگیراو ساڵی ١٩٧١ بە پلەی دووەمی کۆلێجەکە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێنا. لەو ماوەیەی کە لە زانکۆی موسڵ دەیخوێند، پەیوەندیی بەباڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو لێپرسراوەتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی لە زانکۆی موسڵ گرتە ئەستۆ. لە دوایین ساڵی لەزانکۆ، پەیوەندیی بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

پاش تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆی موسڵ، لە سەربازگەی غزلانی لەموسڵ خزمەتی سەربازیی کردو دواتر بۆ سەربازگەی تاجی لە بەغدا گوێزرایەوە. لەو ماوەیەدا حکومەتی عیراق دەرچووانی بەشە زانستییەکانی هان دەدا خۆبەخش بچنە ریزی سوپای عیراقەوەو عەزۆش ئەو دەرفەتەی لە بەردەمدا بوو کە وەربگیرێ، بۆیە پاش وەرگرتنی رەزامەندیی کۆمەڵە، هەنگاوی پێویستی لەم بارەیەوە نا. ئیتر بە ملازم ئەوەلی ئەندازیار لە سەربازگەی تاجی وەرگیرا.

دواتر، بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ خولێکی مەشق و راهێنان لەسەر موشەکی زەوی بەئاسمان بۆ روسیا نێردراو لەو خولەدا پلەی یەکەمی بەدەست هێناو پلەی نەقیبی ئەندازیاری پێ بەخشراو کرایە یاریدەدەری فەرماندەی کەتیبەی موشەکی سام- ٣ لە سەربازگەکە.

لەو ماوەیەدا ئەندامێکی دیاری لیژنەی رێکخستنی بەغدا بوو. ساڵی ١٩٧٥، بۆ ماوەی یەك مانگ بۆ خولێکی تری سەربازی بۆ میسر نێردرا. دوای گەڕانەوەی لە میسر، شاڵاوێکی گرتن و راونان دژ بەئەندامانی رێکخستنەکانی بەغدا دەستی پێکردو گیانی کەوتە مەترسییەوە، بۆیە لەگەڵ هەر یەك لە فەرهاد شاکەلی و برایم عەبد عەلی لە سنوری نێودەوڵەتیی عیراق- سوریا پەڕینەوەو خۆیان گەیاندە شارۆچکەی ئەلبوکەمال و لەوێوە روویان کردە دیمەشق و پەیوەندییان بەدەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد.

لە سوریا بەشدارییەکی کارای لەهەوڵەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا کردو لە شاری قامشلی چەند خولێکی سەربازیی بۆ پێشمەرگەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکان کردەوە. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦ رابەرایەتیی یەکەم مەفرەزەی ٣٧ پێشمەرگەیی کرد بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو بە چاوساغیی نەجمەدین بیوك کایا کە کوردی باکوور بوو، بەناو تورکیادا گەڕایەوە بۆ ناوچەی بادینان. لەوێ چوار مەفرەزەی لەو دەستە چەکدارە پێکهێناو خۆی رابەرایەتیی راستەوخۆی یەکێکیانی کرد.

لە ١٧ی تەمموزدا بۆ ناردنی پێشمەرگەیەکی نەخۆش و نامە بۆ سوریا، چووە گوندی نێروە لە ناوچەی گۆیی لە قەزای ئولودەرە لە کوردستانی باکوور. لەوێ چەکدارە خێڵەکییەکان مەفرەزەکەیان چەک کردو هەموویان رادەستی لێپرسراوانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد.

لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ خۆی و پێشمەرگەکانی شەهید کران.

## برایم عەزۆ (چاپخانە)

چاپخانەی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەهاوینی ساڵی ١٩٧٩ وەك بەشێك لە دەزگای راگەیاندن، لەگردی مامەوڵا لە نزیک گوندی داوداوێ دامەزراوە و لە مانگی ئەیلولدا لەگەڵ دەزگای راگەیاندندا گواستراوەتەوە بۆ زەڵێ. زۆربەی ئامێرەکانی کە بریتی بوون لەتایپی ئای بی ئێم و رۆنیۆو ئۆفسێتی یەك رەنگی لەشارەکانی ئێران بەدەست هێنران. کادیرەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە هشیار عابد، دارا سەعدی، کاوە حەمە ساڵح یار ئەحمەد، یاسین ئەحمەد عەلی (سورکێو)، بورهان مستەفا (فەرهاد)، جەزا عەبدولواحید و حەمە ئەمین عەبدوڵلا (چالاك).

ساڵی ١٩٨٠ بارەگای مەکتەبی راگەیاندن لەگوندی تووژەڵە دانراو چاپخانەش وەك بەشێك لەو مەکتەبە بۆ ئەوێ گوێزرایەوەو هەر لەو ساڵەدا بە ناوی برایم عەزۆوە ناو نرا.

لە ٩ی تەموزی ١٩٨٠دا فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق چەند بارەگایەکیان لە ناوچەی سەرکردایەتی لەتووژەڵە بۆردومان کرد، لەوانە بارەگای مەکتەبی راگەیاندن. بۆردومانەکە جگە لەوەی کە شەهیدبوونی بورهان مستەفای کادیری راگەیاندنی لێکەوتەوە، زیانی ماددیی زۆریشی لە چاپخانەکە داو لەئەنجامدا رۆنیۆو ئۆفسێت و دقلۆبەرێك لە ناو چوون و ژمارەیەکی زۆر بەندی کاغەزو چادرەکان سوتان. بۆ ساڵی دواتر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئامێرە فەوتاوەکان، دوو فۆتۆ ستێنسل و چوار رۆنیۆو تاپێکی برازەر بۆ چاپخانەکە کڕدران.

ساڵی ١٩٨٢ ئامێری تازە بۆ چاپخانەکە کڕدرا کە لەمەوبەر بەکار نەهێنرا بوون وەك رۆنیۆی دەبڵ و ستێنسلی ئەلکترۆنی و لە پایزی ئەو ساڵەدا هشیار عابد کرایە لێپرسراوی چاپخانە و سەعدون یەدوڵلا شەفی کرایە جێگری.

نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئێران لە سنوری عیراق و ئەگەری بوونی ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی بەناوچەی شەڕی عیراق- ئێران، لە کۆتایی ١٩٨٢و سەرەتای ١٩٨٣ هەلومەرجێکی نالەباری بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری بارەگاکان پێکهێنا، بۆیە بڕیاری چۆڵکردنی ناوچەکەو بڵاوەپێکردنی بارەگاکان درا. لەم چوارچێوەیەدا بڕیار درا بارەگاکانی مەکتەبی راگەیاندن بگوێزرێنەوە بۆ دۆڵی جافەتی. لەو سەروبەندەدا لە سەرەتای بەهاری ١٩٨٣دا بارەگاکانی مەکتەبی راگەیاندن بە شێوەیەکی کاتی لە باوزێ و سەرشیو دانران. تۆپ باران کردنی ناوچەکەو هێرشێکی جاشەکان وایکرد پەلە بکرێ لە بردنی بارەگاکان بۆ دۆڵی جافەتی. لەحوزەیراندا مەکتەبی راگەیاندن لە دۆڵی جافەتی گیرسایەوەو لەم سەروبەندەدا چاپخانە لەگوندی هەڵەدن و رادیۆ لە بەرگەڵوو دانران. دواتر چاپخانەش بۆ بەرگەڵوو گوێزرایەوە. سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ سەعدون یەدوڵلا شەفی لەجیاتی هشیار عابد کە چوو بوو بۆ بەریتانیا، کرایە لێپرسراوی چاپخانە.

ساڵی ١٩٨٧ تۆپ باران کردنی دۆڵی جافەتی لە سەربازگەی سوسێوە زیادی کرد، فڕۆکە جەنگییەکان هێرشی زۆریان کردە سەر دۆڵەکە و سوپای عیراقیش دەستی دابووە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی، بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە بەشێکی بارەگاکان ببرێنە دۆڵە کۆگە، لەوانە چاپخانە. لە تشرینی یەکەمدا بەشێك لەکەلوپەل و ئامێرەکانی چاپخانە بۆ دۆڵەکۆگە گوێزرانەوە. لە کۆتایی ساڵ، موحسین عەلی ئەکبەر کرایە لێپرسراوی بۆردی چاپخانە.

پاش زیادبوونی گوشار لەسەر دۆڵی جافەتی، لە ئازاری ١٩٨٨دا زۆربەی کادیرەکانی چاپخانە چوون بۆ دۆڵەکۆگە. پێش ئەوەی هێزەکانی سوپای عیراق لە یەکەم شاڵاوی ئەنفالەکاندا دەست بەسەر بارەگاکاندا بگرن، بارەگای چاپخانە هەمووی تەقێنرایەوە. بەمجۆرە ئەوەی کە لەئامێرەکانی چاپخانە رزگار کران، تەنها ئامێرە سوکەکان بوو کە توانرا بگەیەنرێنە دۆڵەکۆگە.

لە ئایاری ١٩٨٨ بارەگای چاپخانە لەگەڕەکی شیوی جوتیارانی شاری سەقز دانراو کادیرەکانی چاپخانە کەوتنەوە کارکردن، بەڵام لەو ماوەیەدا هەم ئامێرەکانی چاپخانە کەمتر و سادەتر بوون هەم ژمارەی کادیرەکانیش کەمتر بوو. پاش سێ مانگ خانوویەکی گەورەتر لەگەڕەکی بلوار بەکرێ گیراو بارەگای چاپخانەی لێ دانرا.

پاش راپەڕینی ١٩٩١ چاپخانە پێچرایەوەو لە سەقزەوە گەیشتە پاوەو لەوێشەوە بەرەو باشماخ. پاشان گەیەنرایە سلێمانی، بەڵام هەمووی چەند رۆژێکی نەبرد، هێزەکانی عیراق گەڕانەوە سلێمانی و بەر لەوەی چاپخانە دەرباز بکرێ، لەئەزمەڕ دەستی بەسەردا گیرا.

ئەم چاپخانەیە رۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی گیانی بەرخودان و خۆڕاگریدا بینیوە و بەدرێژایی دوانزە ساڵ ١٣ بڵاوکراوەی دەوری و دەیان نامیلکەو کتێب و بەیاننامەی لێ چاپ کراوە، سەرباری ئەوەی کە بەرهەمی ژمارەیەکی زۆری نوسەرە سیاسییەکان و ئەدیبەکان لەوێ چاپکراوە وەك جەلال تاڵەبانی، جەمیل رەنجبەر، فازل کەریم ئەحمەد، نەوشیروان مستەفا، هەڤاڵ کوێستانی، حسێن بەفرین، حاجی مەمۆ، حسێن مەولود ئەحمەد، فەرید ئەسەسەرد، شێرکۆ بێکەس، سەربەست حسێن، مەحمود مەلا عیززەت، فەرهاد پیرباڵ، عوسمان شەیدا، محەمەد موکری، ئەرسەلان بایز، برایم جەلال، حەمە کەریم عارف، جەوهەر کرمانج، فەرەیدون عەبدولقادر، ئەبوبەکر خۆشناو و چەندانی تر.

ئەم چاپخانەیە جگە لەوەی کە ئەرکی چاپکردنی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەئەستۆ گرتووە، بڵاوکراوەی چەندین لایەنی تریشی چاپ کردووە لەوانە بڵاوکراوەکانی کۆڕی نیشتمانیی عیراق و سەندیکاو یەکێتییەکانی نوسەران، رۆژنامەنووسان، خوێندکاران، هونەرمەندان، مامۆستایان، مافپەروەران و ژنان.

**پاشکۆ**

**کادیرەکانی چاپخانەی برایم عەزۆ**

١-موحسین عەلی ئەکبەر.
٢-سەعدون یەدوڵڵا شەفی.
٣-ئەمین مستەفا مەعروف قەرەداغی.
٤-ئازاد عەبدوڵڵا هەورامی.
٥-ئاکۆ قادر.
٦-هاوڕێ مەحمود.

٧-هشیار عابد.
٨-کاوە حەمە ساڵح یار ئەحمەد.
٩-یاسین ئەحمەد عەلی (سورکێو).
١-بەختیار محەمەد شەریف.
١١-جەلیل حەمە موراد شەریف (کرمانج).
١٢-فەرهاد حسێن.
١٣-بورهان مستەفا مەعروف قەرەداغی.
١٤-غالب محەمەد (رەوەز).
١٥-ڕێباز ساڵح.
١٦-جەمیل رەنجبەر.
١٧-جەزا عەبدولواحید.
١٨-محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا (چالاك).
١٩-ئەبوبەکر خۆشناو.
٢٠-شەهاب عوسمان.
٢١-حسێن بەفرین.
٢٢-عادل کەریم.
٢٣- ئومێد مەلا رەزا.
٢٤-حەیدەر حسێن.
٢٥-رەمزی قوتبەددین.
٢٦-ئازاد قادر رەشید.
٢٧-سەلیم کەرکوکی (ڕێبین).
٢٨-مەهدی یەدوڵڵا شەفی.
٢٩-ئازاد چالاك.
٣٠-سەعد بەشیر ئەسکەندەر.
٣١-کاروان خالید تاهیر.
٣٢-رەعد بەشیر ئەسکەندەر.
٣٣-عیماد حسێن.
٣٤-شێرزاد رەفیق چالاك.
٣٥-ڕێبوار خالید تاهیر(ئەردەڵان).
٣٦-فەرهاد پیرباڵ.
٣٧-حەمە سەقزی.
٣٨-ئەبوبەکر حسێن ئەحمەد.
٣٩-عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل.
٤٠-فاروق حسێن.
٤١-جەوهەر حەسەن.
٤٢-زاهیر سدیق.
٤٣-ڕێبوار سەعید.
٤٤-قارەمان رەفیق چالاك.
٤٥-عومەر حسێن ئەحمەد.
٤٦-سۆران جەلال عەزیز.
٤٧-رەفعەت محەمەد یاسین.
٤٨-عوسمان قادر.
٤٩-فازڵ قەساب.
٥٠-محەمەد رەشید.
٥١-سامی شۆڕش.
٥٢-ئومێد سەعید گەوهەر.
٥٣-ئەسعەد گۆزێ.
٥٤-دارا سەعدی محەمەد.
٥٥-سەلام زەندی.
٥٦-یاسین رەسول (پۆڵا).
٥٧-فایز یونس (ئەبو شەهاب).
٥٨-سەلام فەیلی.
٥٩-سەباح کەرکوکی (رزگار).
٦٠-شەهاب ئەحمەد داوود رەشید.

## برایم فەتاح قادر



کادیر و پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی شارۆچکەی ماوەت. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لەماوەت‌و ساڵی ١٩٨٢ ئامادەیی برینپێچی لە

سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ لەماوەت پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٣ بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی ڕێکخستنی شارباژێرو لەو سۆنگەیەوە کە دەرچوی ئامادەیی برینپێچی بووە، لە ناو هێزی پێشمەرگەو ناوچە لادێ نشینەکاندا ڕۆڵی برینپێچیی گێڕاوەو بە هۆی ئەمەوە بە دکتۆر برایم ناوبانگی دەرکردووە.

ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ غەریب هەڵەدنی بۆ ماوەی چوار مانگ بووە پێشمەرگەی پارتیزان لە ڕستی سورداش. لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا ئەرکەکانی جێبەجێ کردو بەشداریشی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی کەرکوکدا کرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج (١٩٨٥)و شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری (١٩٨٧). دوو جاریش بریندار بووە، جارێك لە ساڵی ١٩٨٧ لەگوندی شاناخسێ بە چەکی کیمیاییو جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩١ لە کەرکوك.

ساڵی ١٩٩٢ بۆ ماوەی سێ مانگ خولی فەرماندەیی لە سلێمانی بینیو پلەی ئەفسەری بەدەست هێنا. ساڵی ١٩٩٤ بوو بە نەقیب لەلیوای تایبەتی دوی شارەزور. هەر ئەو ساڵە دەستی لە کاروباری پێشمەرگایەتی کێشایەوە، گەڕایەوە سەر کاروباری ڕێکخستنو بووە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی ماوەت.

ساڵی ١٩٩٥ بە سەرۆکی شارەوانیی ماوەت دانرا و ساڵی ٢٠٠٠ لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکی شارەوانیی ماوەت هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠٠٥ گەڕایەوە بۆ بواری ڕێکخستنو کرایە ئەندامی مەڵبەندی ٢١ی سلێمانی. ساڵی پاشتر دوا بەدوای پێکهێنانی مەڵبەندی ٢٢ی شارباژێر، لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە کارگێڕی مەڵبەند دەرچوو و لە ساڵی ٢٠٠٨دا لێپرسراوەتیی جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠١٠ پاش هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەندی ٢٢ی شارباژێرو تێکهەڵکێش کردنەوەی لەگەڵ مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانیدا، کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند. ساڵی ٢٠١٣ کرایە ئەندامی مەکتەبی خزمەتی پێشمەرگەو تێکۆشەرە دێرینەکان.

## برایم مەحمود محەمەد باخ*



پێشمەرگەو کادیری پێشکەوتوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پزیشکی شۆڕش. ناسراو بە دکتۆر ڕێباز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی باخی سەر بە ناحیەی سەرچنار لە پارێزگای سلێمانی.

خوێندنی سەرەتایی لەگوندی چەقژو ناوەندیو دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٩ خوێندنی لە پەیمانگای پزیشکیی بەغدا تەواو کردووەو ساڵی پاشتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو بۆتە پێشمەرگە لە سنوری هەرێمی ٢ی کەرکوك.

هەموو تەمەنی پێشمەرگایەتیی چەند مانگێکە. لە ساڵی ١٩٨١دا لە شەڕێکدا لەگوندی بۆگدی دەشتی کۆیە، لە لایەن هێزێکی سوپای عیراق و جاشەکانەوە

بەدیل گیرا. دواتر لە دەستەی تایبەتی لێکۆڵینەوەی کەرکوك دادگایی کراو بڕیاری لەسێدارەدانی درا. لە١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١دا لەگەڵ شەش گیراوی دیکەدا لە بەندیخانەی موسل لەسێدارە دراو تەرمەکەی نەدرایەوە بە کەسوکاری. ساڵی ٢٠٠٣ دوای روخانی رژێمی بەعس، تەرمەکەی لەگەڵ تەرمی پۆلێك شەهیدی تردا هێنرایەوە بۆ کوردستان.

## برایم وەسانی*



پێشمەرگەی دێرینو فەرماندە. ناوی تەواوی برایم حەمەد حسێن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی وەسانی ناوچەی باڵەکایەتی. لە ساڵانی ١٩٧٤و ١٩٧٥ پێشمەرگایەتیی کردوەو دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لەگوندەکەی خۆی نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ خێڵەکانی دۆڵی باڵەیاندا روبەڕوی ئەو هێزانەی عیراق بۆوە کەبۆ راگواستنی گوندەکانی ناوچەکە پەلاماری دۆڵەکەیان دابوو. لەو ماوەیەدا هێزەکانی عیراق لەهێرشەکانیان بۆ سەر دۆڵی باڵەیان کوژراوێکی زۆریان لێ کەوتو لە زۆربەی بەرەکاندا تێك شکان. هەر لەو ماوەیەشدا وەسانی پەیوەندیی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا دروست کردو بەشدارییەکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی پرۆژەی راگواستنی گوندەکاندا کرد.

شەڕی کەڵەکی باڵەیان لە٢٨-٣١ی ئازاری ١٩٧٧ یەکەم شەڕە وەسانی سەرکردایەتیی کردبێ. لەم شەڕەدا نزیکەی ١٥٠ سەرباز کوژران و دەوروبەری سەد سەربازی دیکەش بریندار بون، سەرباری کەوتنە خوارەوەی دوو هەلیکۆپتەری جەنگی لە نزیك گوندی ئینەی دۆڵی سەکران. بەڵام هەر لەم شەڕەدا وەسانی بە سەختی بریندار بوو، گوللەیەك بەر سەری کەوتبوو. ماوەیەکی زۆر لەئەشکەوتێکی چیای قەندیل تیمار کراو لە کۆتاییدا گەیەنرایە سەر سنوری عیراق-تورکیاو لەوێوە بە ڕێگەی قاچاخ بە ناو خاکی تورکیا گەیەنرایە سوریا. دوای هەشت مانگ چارەسەر کرا بەڵام چاوێکی لەدەستدا. لەو ماوەیەدا دەزگا ئەمنییەکان هاوسەرو دوو منداڵو براژنێکیو چوار برازایان گرت و ماوەیەکی زۆر خرانە زیندانەوە.

لە سەرەتای ١٩٧٨دا گەڕایەوە بۆ قەندیلو دەستی بەخەباتی پێشمەرگایەتی کردەوە. ساڵی ١٩٧٩ کرایە جێگری فەرماندەی کەرت لە هەرێمی٧ی باڵەك. ساڵی ١٩٨١ لێپرسراوەتیی هێزی کاروخی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٢ کاتێك تیپی ٧٨ی کاروخ پێکهێنرا، کرایە جێگری فەرماندەی تیپەکە. ساڵی ١٩٨٣، دوای شەهیدبونی ئەحمەد مەولودی فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ لە شەڕەکانی قەندیل، جێی گرتەوەو کرایە فەرماندەی تیپەکە.

لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتەو دەوروبەریدا، بۆ جاری دووەم بریندار بۆوە. ساڵی ١٩٨٧ لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی هێزی پشتگیریی ناوچەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٨ کاتێك هێزەکانی عیراق دەستیان بە شاڵاوەکانی ئەنفال کرد، بەرپەرچی شاڵاوەکەی دایەوەو بەشدارییەکی کاریگەری لە شەڕەکانی سەری جوانەگاو کونەکۆترو چەکوچو سادردا کرد.

لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشدار بووە لەبەشێکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا لەوانە شەڕەکانی ماکۆك، کێوەڕەش، دۆڵی خانەقا، گەلی بەدران و ئۆپەراسیۆنەکانی داستانی رزگاریو گرتنی تەقتەق.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بۆ سەر سنور کشایەوە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە ڕزگارکردنی ڕانیەو شەقڵاوەو مەسیف و هەولێرو کەرکوکدا کرد. دواتر، لە سنوری هێزی ١٢ی باڵەك پلەی فەرماندەی بەتالیۆنی پێ بەخشرا.

لە شەڕی ناوخۆدا، لە ساڵی ١٩٩٤ لەپێکدادانێکدا لە حاجی ئۆمەران بۆ جاری سێیەم بە سەختی بریندار بۆوە. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی فەوجی تایبەت. ساڵی دواتر کرایە جێگری فەرماندەی لەشکری ١١ی باڵەك.

لە٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ لە کاتی بەرپێوەچونی دووەم ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی تۆڵەدا لە ناوچەکانی باکوری پارێزگای هەولێر، بۆ جاری چوارەم لە ژیانیدا بە سەختی بریندا بۆوەو بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانەی ڕانیە. ڕۆژی پاشتر بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە لە ڕانیە شەهید بوو.

## بروسك (ڕێکخراوی شانە چەکدارەکانی ناو شار)

ڕێکخراوێکی چەکداری نهێنییە، لیژنەی کاری ڕاپەڕین لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ پێکی هێناوە. ڕێکخراوەکە هیچ پەیکەرێکی ڕێکخراوەیی نییە، بەڵکو لەو شانە چەکدارانە پێکهاتووە کە لیژنەی کاری ڕاپەڕین بە مەبەستی بەگەڕخستنیان لە کاتی ڕاپەڕیندا پێکی هێناوە. شانەکان سەرەتا لە ئەندامان و دۆستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك هێنران. لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ بەدواوە، پاش دەستپێکردنی گورزی ئاسمانیی هاوپەیمانان لە دژی عیراق، هاووڵاتیان و چەکدارانی سەر بە ڕژێمی عیراق بە لێشاو کەوتنە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەکانداو لەوانە ژمارەیەکی زۆر شانەی چەکدار بۆ کاتی پێویست دروست کرا. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠وە تا ١١ی ئازاری ١٩٩١، ژمارەی شانە چەکدارەکان گەیشتنە ٧٣٠ شانە.

هەر شانەیەکی چەکداری بروسك ژمارەیەکی تایبەتی بۆ دانرابوو و لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە بروسکەو ڕێنماییان پێ دەدرا. لیژنەی کاری ڕاپەڕین بە فەرماندەیی شانە چەکدارەکانی بروسک دەژمێردرێ و لە چوار ئەندام پێکهاتبوو کە ئەمانەن: عەبدولقادر محەمەد عومەر، مستەفا برایم دەروێش، ئەحمەد حسێن و خالید ڕەسول. هەر ئەم لیژنەیەش بوو کە لە کۆبوونەوەی ٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠دا ناوی بروسکی بۆ شانە چەکدارەکان هەڵبژارد.

شانە چەکدارەکانی بروسك هەموو شانە چەکدارەکانی سنوری هەولێر، حەوزی بیتوێن، کەرکوك، دهۆك و ئۆردوگا زۆرەملێکانی خەڵکی پشدەری پارێزگای سلێمانیی گرتۆتەوە، شانە چەکدارەکان ڕۆڵێکی کارایان لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا گێڕاوە، بەتایبەتی لە هەولێرو حەوزی بیتوێن و ئۆردوگا پەراگەندەکانی پشدەرییەکان.

**بابەتی پەیوەندیدار:**

*** لیژنەی کاری ڕاپەڕین.**

## بزووتنەوە (گۆڤار)

ئۆرگانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. شەش ژمارەی لێ دەرچووەو دوو خولی بەخۆیەوە دیوە. لەخولی یەکەمدا کەماوەکەی کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨١، چوار ژمارەی لێ دەرچووەو لە خولی دووەمدا لە ساڵی ١٩٨٢ تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارەی




گۆڤارەکە لە کانونی دووەمی ١٩٨٠ دەرچووەو شەشەم ژمارە کەدوایین ژمارەیە لە حوزەیرانی ١٩٨٢ دەرچووە.

قەبارەی گۆڤارەکە نیو فولسکابە و لە شێوەی دەفتەر دایە. هەموو ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لە چاپخانەی برایم عەزۆ لەگوندی توژەڵە چاپ کراون چونکە لەو کاتەدا بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان چاپخانەی تایبەت بەخۆی نەبووە. بابەتەکان بەتایپی دەستی لەسەر ستێنسلی کاغەز تایپ کراون و بە رۆنیۆ راکێشراون کەئەمەش لە پرۆسەی دیزاین کردندا دەرفەتێکی زۆری بۆ جونکاریو داهێنان پێك نەهێناوە، بۆیە دیزاینەکەی زۆر سادەو ساکارە.

ئەم گۆڤارە پاش جیابونەوەی باڵی رەسول مامەندی بزوتنەوەی سۆسیالیست و سەرلەنوێ رێکخستنەوەی بزوتنەوە وەك باڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرچووە. بڕیاری دەرکردنی گۆڤارەکە بۆ کۆبونەوەی فراوانی کادیرانی بزوتنەوە لە کانونی یەکەمی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە. پاش یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆسیالیست و باڵی هێڵی گشتی و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢، بڕیاری راگرتنی گۆڤارەکە درا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا گۆڤاری «کوردایەتی» وەك گۆڤاری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان جێی گۆڤاری «بزوتنەوە»ی گرتەوە.

## بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

یەکێکە لە دوو باڵە سەرەکییەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. سەرەتای بیرکردنەوە لە دامەزراندنی ئەم رێکخراوە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری کورد پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە ئێران ئاوارە بوون. نزیکەی یەك مانگ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە شاری ورمێ بەسترا، ژمارەیەك لەسەرکردەو کادیرەکانی شۆڕشی پێشوو لەوانە عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا، ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد، برایم ئەحمەد، رەسوڵ مامەند، خالید سەعید، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، جەمال حەکیم، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، تاهیر عەلی والی، سەلیم ئاغۆك و کەمال محێدین کۆ بوونەوەو کەوتنە گفتوگۆکردن دەربارەی رێوشوێنەکانی دەربازبوون لەقەیرانە گشتییەکە. لە کۆتاییدا لەسەر سێ خاڵ رێککەوتن کە بریتی بوون لە رەتکردنەوەی ئاوارەبوون لە ئێران و گەڕانەوە بۆ عیراق و دامەزراندنی حزبێکی تازە لە کوردستاندا بۆ رابەرایەتی کردنی خەباتی سیاسی. ئەندامانی ئەم گروپە بە ئومێدی ئەوە بوون کە پاش گەڕانەوەیان بۆ عیراق بتوانن شێوازێکی

گونجاو بۆ نواندنی چالاکیی سیاسی بدۆزنەوە، بەڵام پاش گەڕانەوەیان بۆ عیراق، هەر یەکێکیان بۆ شارێکی ناوەڕاست و خوارووی عیراق دوور خرایەوە.

سەرەڕای دوورخستنەوەیان، هەندێکیان بە نهێنی یەکتریان بینی و کەوتنە تاوتوێ کردنی مەسەلەی دروستکردنی رێکخراوێکی سیاسیی نهێنی لە کوردستان. لە مانگی ئایاردا لە کۆبوونەوەیەکدا لە بەغدا هەر یەك لە عەلی عەسکەری، ساڵح یوسفی، رەسوڵ مامەند، کاردۆ گەلالی، عەلی هەژار و ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد رێکخراوێکیان بە ناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان دامەزراندو پاش چەند هەفتەیەك سەعدی عەزیز، خالید سەعیدو عومەر مستەفاش بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی تێیدا.

بونیادی بیری سیاسیی بزوتنەوەی سۆسیالیست لەسەر ئەوە دامەزرا بوو کە کورد بەبێ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار هیچ دەرفەتێکی بۆ هێنانە دیی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ بەغدا چنگ ناکەوێ. ئەم تێڕوانینە پێش چونی بزوتنەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئارادا بوو، بۆیە چ بزوتنەوە ببوایەتە ئەندام لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چ نەبوایەتە ئەندام، هەر لە بەرنامەیدا بوو کە کار بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بکات.

بزوتنەوەی سۆسیالیست بە شێوەیەکی فەرمی درەنگ خۆی راگەیاندو بۆ ماوەی دەوروبەری ساڵێك وەك کۆمەڵەیەکی نهێنی کاری کرد، بەڵام لەو ماوەیەدا توانی پەیوەندییەکی فراوان لە ناو کۆمەلانی خەڵکیدا دروست بکات و تەونێکی رێکخراوەیی بەهێز پێکەوە بنێ.

لە روی فیکرییەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان میتۆدی بیرکردنەوەی سەرکردەکانی بزوتنەوەو سەرکردەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران و تاڵەبانیدا هەبوو. ئەم جیاوازییە هەم کێشەی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەران و تاڵەبانیدا دروست کرد، هەم لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی بزوتنەوەدا رەنگی دایەوە تا ئەو ئەندازەیەی کە لە دواییدا گەیشتە رادەی جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بزوتنەوەی سۆسیالیست بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەران، نۆرپینێکی کەم رادیکالتری بۆ سروشتی چینایەتیی رژێمی بەعس هەبوو و پێی وابوو دەرفەتی گەیشتن بە سازان لەگەڵ رژێم دەرفەتێکی کراوەیەو بەدیهێنانی رێککەوتنێکی گونجاو سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کارێکی مەحاڵ نیە. ئەمە بەم واتایە دێت کە سەرکردەکانی بزوتنەوە بە پێچەوانەی سەرکردەکانی کۆمەڵەو تاڵەبانییەوە، لە روی ستراتیجی عەسکەرییەوە باوەڕیان بە ستراتیجی شەڕی درێژخایەن نەبوو، لە روی ستراتیجی سیاسیشەوە تیۆرییەکانی وەك بە عیراقی کردنی شۆڕش و روخاندنی رژێمیان زۆر بە هەند وەرنەدەگرت. هەروەها سەبارەت بە هەڵوێست بەرامبەر بە سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵوێستی بزوتنەوەی سۆسیالیست بە بەراورد لەگەڵ هەڵوێستی کۆمەڵەی رەنجدەران و تاڵەبانی هێورترو نەرمتر بوو و هەروەها کەمتر لە ژێر کاریگەریی ململانێی نێوان باڵی مەلایی و جەلالیی ساڵانی شەستەکان بوو.

هەرچەند بەشداریی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ بەشدارییەکی کاراو بنچینەیی بوو، بەتایبەتی لە دەڤەری هەولێر، بەڵام بزوتنەوە وەك رێکخراوێکی ریفۆرمیستی میانڕەو زۆرتر بەم چەشنە سەیری ئامانجی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەکرد کە بۆ دروست کردنی فشارە لەسەر رژێمی بەعس بۆ دەست هەڵگرتن لە پڕۆژەی

راگواستنی دێهاتەکان، هەروەك بۆ ناچارکردنێتی بۆ پەسندکردنی پرنسیپی دایەلۆگ و جێبەجێ کردنی ماددەکانی ڕێککەوتنی ئازاری ١٩٧٠. تێڕوانینەکانی بزوتنەوە زۆرتر لەو راگەیەندراوەدا دەردەکەون لە ١ی ئازاری ١٩٧٧ سەبارەت بە پاڵنەرەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار دەری کردووەو تێیدا دەست بردن بۆ پرۆسەی بەرگریی چەکدار، بەو چەشنەی لە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕیدا باوە، لە لای بزوتنەوە وەك «پابەندبونێکی شۆڕشگێڕانە» خۆی نانوێنێ، بەڵکو وەك پرۆسەیەکی ناچاری دەردەکەوێ کە تێیدا تێکۆشەرەکان «ناچار» بون هانا بۆ «چیاکانمان» ببەن.

لەم بابەتەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە پێویستی بە تێڕامان و لێ وردبونەوەیە، ئەویش ئەوەیە کە بڕیاری بونی بزوتنەوە بە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە کۆی دەنگ نەدراوەو ئەوەی کە زۆرتر پێی لەسەر داگرتووە عەلی عەسکەری، عومەر مستەفاو خالید سەعید بووە. باڵەکەی تریش بە نابەدڵی پێی رازی بووە، بەو مەرجەی کە بزوتنەوە سەربەخۆیی و ڕێکخستن و ستراکچەری سەرکردایەتیی خۆی بپارێزێ.

ساڵی ١٩٧٦ لە دە ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیست حەوتیان بەشدار بون لە پرۆسەی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا. ساڵح یوسفی کە بە دیفاکتۆ رۆڵی سەرۆك یان سکرتێری حزبی دەبینی، لە بەغدا مایەوەو هەر یەك لە کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی شارەکانیان پێ سپێردرا.

پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧، یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو وڵات لە برادۆست لە کۆتایی مانگی ئاب بەسترا. لەو کۆبونەوەیەدا کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بە سکرتێری گشتییەوە لە ٢٠ ئەندام پێکهات و تێیدا بزوتنەوەی سۆسیالیست ٦ ئەندامی بەر کەوت کە ئەمانەن: عەلی عەسکەری، رەسول مامەند، خالید سەعید، تاهیر عەلی والی، سەعدی عەزیز و عومەر مستەفا. لە دامەزراوەی مەکتەبی سیاسیش کە لە سکرتێری گشتی و چوار ئەندام پێك هات، عەلی عەسکەری و رەسول مامەند نوێنەرایەتیی بزوتنەوەیان کرد. لە ڕێکخستنەوەی کاروباری هێزی پێشمەرگەدا، پاش ئەوەی کە کوردستان کرا بە ٨ هەرێمی پێشمەرگایەتی، بزوتنەوە ٣ هەرێمی بەر کەوت. لەم سەروبەندەدا تاهیر عەلی والی، سەعدی عەزیزو سەید کاکە، هەر یەکەیان بە جیا، فەرماندەیی هەرێمەکانی هەورامان و دەشتی هەولێرو خۆشناوەتییان پێ سپێردرا.

هەر ئەو ساڵە بزووتنەوە وشەی «دیموکرات»ی بەناوەکەیەوە نەهێشت و ناوەکەی کرد بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، عەلی عەسکەری ئەرکی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی گرتە ئەستۆو لە ساڵانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧ هێزەکانی بزووتنەوە لە پارێزگای هەولێر و ناوچەکانی پشدەرو رانیە رۆڵێکی کارایان لە شەڕەکاندا گێڕا.

لە دووەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا لە نۆکان لەشوباتی ١٩٧٨، کۆمیتەی سەرکردایەتی پێك هێنرایەوەو لە بزووتنەوە ئەمانە بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی: عەلی عەسکەری، تاهیر عەلی والی، خالید سەعید، سەید کاکە، حاجی حاجی برایم و عومەر مستەفا، لە مەکتەبی سیاسیش تاهیر عەلی والی جێی رەسول مامەندی گرتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا هێزێکی گەورە بۆ دانانی بنکەی سەرکردایەتی لە برادۆست و دابین کردنی رێی هێنانی چەك لەسوریاوە، بنێردرێتە سەر

سنوری عیراق- تورکیا. بەپێی نەخشەکە، هێزەکە بە سەرکردایەتیی عەلی عەسکەری وەك فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بەرەو برادۆست بەڕێ کەوت. سێ چارەکی ئەو هێزە لە هێزی پێشمەرگەی بزووتنەوەی سۆسیالیست پێك هاتبوو.

لەبەر گەلەکۆمەکێی هەر سێ دەوڵەتی ئێران و عیراق و تورکیاو لەبەر گەورەیی هێزەکە کە ژمارەی پێشمەرگەکانی خۆی لە نزیکەی هەزار پێشمەرگە دەداو لەبەر سەختی و دووریی ڕێگاکەو نەبوونی ئازووقەی پێویست و نەبوونی هۆکانی پەیوەندی لە نێوان بەشەکانیداو هەروەها لەبەر سەختیی ئاووهەوا لەو وەرزەدا، سەرباری نەبوونی پلانێکی تۆکمە و دیسپلینێکی تەواو، هێزەکە نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی بەجێ بهێنێ. لەڕێگەدا ئێران بە تۆپ کەوتە تۆپبارانی هێزەکەو هەر کات بەشێکی هێزەکە بکەوتایەتە ناو سنوری ئێران، لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ئێراندا تووشی گێچەڵ دەبوو. لە دیوی عیراقیش، سوپای عیراق بەپیادەو هەلیکۆپتەر چەند هێرشێکی کردە سەر هێزەکەو لەسەر سنوری عیراق- تورکیاش وردە شەڕ لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان روویدا. لەو لاشەوە، دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا ئازادیی جموجوڵیان بە خێڵەکانی هەکاری دابوو بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزەکە. هێزەکە لە ژێر فشاری هێرشەکانی عیراق، ناچار بوو بۆ ناو تورکیا بکشێتەوە. لەوێ بەهۆی چەند هەڵەیەکی ستراتیجییەوەو لەبەر نەشارەزایی لە جوگرافیای ناوچەکەو دروستبوونی هاوپەیمانییەك لە نێوان سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و خێڵەکانی هەکاری، هێزەکە هەمووی لە ناو چوو. لە لێپرسراوە دیارەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست، هەر یەك لە عەلی عەسکەری فەرماندەی هێزەکەو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، تایەر عەلی والی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، سەید کاکە ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەی هەرێمی خۆشناوەتی، خالید سەعید ئەندامی سەرکردایەتی و قادر مامەند ئاغای پشدەری فەرماندەی هەرێمی ٦ی پشدەر بە دیل گیران. دواتر هەر یەك لە عەلی عەسکەری و خالید سەعید گوللەباران کران، سەید کاکەو قادر مامەند ئاغای پشدەری دەرفەتێکیان قۆستەوە و رایانکرد و لە ناوزەنگ گیرسانەوە، تاهیر عەلی والیش دوای ماوەیەك ئازاد کرا.

شکستی ئۆپەراسیۆنی هەکاری جەزرەبەیەکی گەورەی لە هێزی بزووتنەوە داو لێرە بە دواوە بزووتنەوە نەیتوانی خۆی بگرێتەوەو هێزی جاران پێکەوە بنێ. ئەو بەشەی لە بزووتنەوە مایەوە، لە ژێر سەرکردایەتیی رەسوڵ مامەندا بوو کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردەکانی یەکێتی و کۆمەڵە تا دەهات خراپتر دەبوون.

نەورۆزی ١٩٧٩ بزووتنەوەی سۆسیالیست بارەگاکانی خۆی لەزەڵێ پێچایەوە، لەگوندی گۆڕەشێر بارەگای داناو جیابوونەوەی خۆی لە یەکێتی راگەیاند. لە ئەندامانی سەرکردایەتی تاهیر عەلی والی، حاجی حاجی برایم، سەید کاکە، قادر عەزیز و ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد لەگەڵ رەسول مامەندا لە یەکێتی جیابوونەوە. لە سەرکردایەتیی بزووتنەوە تەنها عومەر مستەفا لە ناو یەکێتی مایەوە. ئەم جیابوونەوەیە کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندیی نێوان گروپە سیاسییەکانی کورد بەجێهێشت و دواتر ئاستی گرژیی بەرەو هەڵکشان برد.

بابەتی پەیوەندیدار:

*برادۆست (کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی).

## پاشکۆ
## بەیاننامەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان (١٩٧٧)

دوا بە دوای رێککەوتننامەی ئازار، پاش چارەسەرکردنی ئەو درزو لەتبونەی کە لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە ناو حزب و شۆڕشدا رویدا، تێکۆشەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و تێکۆشەرانی گەلەکەمان و کادیرە سەندیکالیستەکانی کرێکاران و جوتیاران و رێکخراوە کوردستانییەکان بە هەموو پلەو ئاراستەکانیانەوە، رۆڵێکی دیاریان لە بەربەرەکانێ کردنی کردەوە تێکدەرە هەڵەشەکانی کەسانی دەستڕۆیشتوی ناو سەرکردایەتیی خێڵەکی و دەستوپێوەندەکانیاندا گێڕا. ئەم کردەوانە لە روخسار و شێوازدا لەگەڵ هەڵسوکەوتی شۆڤێنییانەی گروپە دەستڕۆیشتووەکانی ناو دەسەڵات یەکیان دەگرتەوە، بەتایبەتی لە ناوچە تێکەڵاوەکاندا، لەوانە هەوڵەکانی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی و دیموگرافیی ئەو ناوچانە. لە ئەنجامدا رەوشەکە گەیشتە لێواری روبەڕوبونەوەی چەکدارو هەڵتەکاندنی بناغەکانی رێککەوتننامەی ئازار بە تەواوی ئەو دەقانەوە کە ئامانجیان سەقامگیرکردنی هاوپەیمانیی چارەنوسسازی نێوان هەردوو گەلی برا بوو.

ئەم سەرکردایەتییە لە بەر چاوی جەماوەری گەلەکەمان ریسوا بووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئابڕوی لەدەستدا، خۆی هاوێشتە ئامێزی ئاغاکانی، پێشمەرگە قارەمانەکانی بە زامداری بەجێ هێشت و گەلەکەی خۆی بردە بەر چەقۆی جەللادەکان، ئەویش دوا بە دوای رێککەوتننامە بەدناوەکەی جەزایر کە بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر حیسابی گەلی کوردو بە شێوەیەکی گشتی لەسەر حیسابی گەلی عیراق هاتۆتە دی. ئەم سەرکردایەتییە کەوتۆتە بەر رق و قین و نەفرەتی جەماوەری گەلەکەمان و کادیرەکانی و زۆرینەی ئەندامە دڵسۆزەکان کە سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی رواداوەکەو شەرمەزارکردنی سەرکردایەتییە خێڵەکییەکە و رەفتاری شۆڤێنییانەی دەسەڵاتن لە بواری چارەکردنی مەسەلەی کوردو خوازیارن چارەسەرێکی سیاسی بۆ مەسەلەکە بە شێوەیەکی گشتی بدۆزرێتەوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هاوپەیمانیی چارەنوسسازی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردو کەمینە براکان.

پێویست بوو لەسەر دەسەڵات، هەروەها لە بەرژەوەندیی دابوو کە لەجیاتی ئەوەی لە ئازاری ١٩٧٤دا خۆی بۆ هێرشی چەکدار بۆ سەر کوردستان ئامادە بکا، ئەرکە راگەیەندراوەکانی خۆی بەرامبەر بە گەلی کوردو جوڵانەوەو پێشڕەوە پێشکەوتنخوازەکەی جێبەجێ بکا، چونکە ئەو جوڵانەوەو پێشڕەوە هیچ دەستێکیان لە بە رێ لابردنی جوڵانەوەکەدا نیەو بەربەستیش نەبون لە بەردەم ئەوەی کە جوڵانەوەکەو حزب رۆڵێکی کارا وەك هێزێکی گەورەو بەرچاو لە گۆڕینی تەرازوی هێز بە قازانجی هێزە رزگاریخوازو پێشکەوتنخوازەکان لە ناوخۆو دەرەوەو لە خودی ئەم ناوچە هەستیارەی جیهاندا بگێڕن، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە جوڵانەوەکەو حزب گورو تین و ستراتیجێکی فراوان و قوڵیان هەبوەو رۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەموو شوێنێك هاوسۆزی بون و بە هۆیەوە دەتوانرا شکست بە هەموو ئەو پیلانانە بهێنرێن کە دژی عیراق دەچنران. بەڵام لە بەرەنجامدا ویستی شەڕانگێزانەی هەردولا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئیتر ئەوەی رویدا رویداو رۆڵەکانی گەلی عیراق بە شێوەیەکی گشتی و گەلی کورد بە شێوەیەکی تایبەت گیرۆدەی نەهامەتی و چەرمەسەری بون و رەوشەکە بە هۆی رێککەوتننامەی جەزایرەوە کە گەورەترین دەستکەوتی پێشکەش بە کۆنەپەرستانی

ئێران کردوە، بە قازانجی دوژمنانی عیراق شکایەوە. سەرەڕای ئەوەی کە رویدا، پێویست بوو پاش گەڕانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی جەماوەری کوردو ئەو هەموو کادیرە حیزبیە پێشکەوتنخوازە، کە لە راستیدا هێزی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و چەقی قورسایی بزوتنەوەکەیان پێکدەهێنا، دەسەڵات دەستپێشخەریی بکردایەو ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی بنایە، بەتایبەتی کە هەر هەموی لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا بوون:

١-رەخساندنی بوار بۆ بزوتنەوەی کورد بۆ یەکخستنی ریزەکانی و رێکخستنەوەی کادیرە پێشکەوتنخوازە چاکەکان کە باوەڕیان بە گرنگیی هاوپەیمانیی بزوتنەوەی هەردوو گەلە، لە جیاتی پێداگرتن لەسەر سیاسەتی پەرتەوازەکردن و پارچە پارچە کردن و پشت بەستن بە کەسانی خۆڕەپێشکەرو لاواز.

٢-پێداگرتن لەسەر ئەرك و بڕیارە راگەیەندراوەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەمان و پێداچونەوە بە ستراکچەری ئەو دام و دەزگایانەی ئۆتۆنۆمی کە لە هەلومەرجێکی نائاساییدا پێك هێنراون و گێڕانەوەی ژیانی دەستوری و سەقامگیرکردنی ئازادییە بنەڕەتی و دیموکراتییەکان لە عیراقدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ هێنانە دیی لەبارترین کەش و هەوا بۆ سەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا رووەو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات و گۆڕانکارییە سۆسیالیستییەکان.

کەچی دەسەڵات و ئەو هێزو تاقم و دەستەو گروپانەی کە دەورو خولیان داوە، بە شێوەیەکی شێتگیرانە کەوتنە گێژاوی لە خۆبایی بون و رق و کینە و لەم سەروبەندەدا سەرمەستی سەرکەوتنێکی درۆزنانە بوون بۆ پتر پڕوکاندن و بڕینی وزەو بڕستی بزوتنەوەی کورد، هەر گروپەو بەپێی بەرژەوەندییە تاکڕەوییەکانی خۆی بە شێوەیەکی داماڵدراو لە هەموو نەریتێکی ئاکاری و بابەتییانە، ئەویش بە مەبەستی هێشتنەوەی بارودۆخە نائاساییەکە وەکو خۆی و پاڵپێوەنانی بەرەو خراپتر لە ترسی لەدەستدانی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە هەموو دەرگاکانی رق و کینە، بۆ پیادەکردنی هەموو چەشنە سیاسەتێکی رق ئەستور لە دژی گەلەکەمان و بزوتنەوەو مافەکانی، لەسەر گازی پشت کرانەوە.

دەسەڵات نەك هەر لەو ئەرکانەی خۆی کە لە رێککەوتننامەی ئازاردا هاتون، پەشیمان بۆتەوەو خۆی لەوە دزیوەتەوە کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ نەتەوە تێکۆشەرەکەمان بکات کە گەلێکە تایبەتمەندیی خۆی هەیەو یەکێتیی ئارەزومەندانەی لەگەڵ گەلی عەرەبی برای لە عیراقدا هەڵبژاردووەو مافی ئۆتۆنۆمیی هەیە، بەڵکو دەسەڵات تەنانەت لە سادەترین ئەرکی خۆی لە بەیاننامەی لێبوردنی گشتی پەشیمان بۆتەوەو بە ئاشکرا سیاسەتێکی لوتبەرزانە بەرامبەر بە گەلەکەمان پیادە دەکات. ئەم سیاسەتەش، بۆ نمونە، لەم چەند بوارەدا رەنگی داوەتەوە:

١-پاشگەزبونەوە لە ناوەڕۆکی بەیاننامەی ئازارو ئەرك و پرنسیپ و بڕیارە چەسپێنراوەکان، گۆڕینی روخساری نەتەوەیی و دیمۆگرافیی چەندەها ناوچەی کوردستان، شێواندنی مێژوی گەلی کورد لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، هەڵوەشاندنەوەی خوێندنی کوردی لە چەندین خوێندنگەی کوردستان و لەکارخستنی یاساکانی پێکهێنانی هەندێ رێکخراوی کوردستانی کە ئەمەش پێچەوانەی ماددەی پێنجەمی خودی بەیاننامەکەیە، جگە لە چەندین پاشگەزبونەوەی تر.

٢-خۆدزینەوە لە ئەرکەکانی خۆی سەبارەت بە

داننان بە مافەکانی گەلەکەمان وەك هەر گەلێکی تر، ئەویش بە هۆی شاڵاوەکانی راگواستن و دەرکردن و دەربەدەرکردن و تواندنەوە وەك رێخۆشکردنێك بۆ نکوڵی کردن لە بونی گەلی کورد، ئەمەش پێچەوانەی تەواوی یاساو داب و نەریتەکانە. ئەم شاڵاوانە ژنان و پیران و منداڵانیشیان گرتۆتەوەو ژمارەیەکی زۆریان بۆ گرتوخانەو بەندیخانەکان راپێچ کراون.

٣-ناچارکردنی خوێندکاران و کرێکاران و تێکۆشەرانی بزوتنەوەی کورد لەوانەی کە گەڕاونەتەوە بۆ نیشتمان، بەتایبەتی ئەوانەی کە بۆ ناوچەکانی باشور راگوێزراون، بۆ چونە ناو رێکخراوەکانی حزبێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی و پێکهێنانی رێکخراوە بەعسییەکان لە دورترین گوندی کوردستان وەك رێخۆشکردنێك بۆ داماڵینی گیانی نەتەوایەتی و لە ئەنجامدا جێبەجێ کردنی بیرۆکەی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی عەرەب کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بڕیارانەیە کە تێیدا دان بە مافەکانی گەلی کورددا نراوە.

٤-نانەوەی دوبەرەکیی نژادی لە نێوان هەردوو نەتەوەی براو کەمینە نەتەوەییەکان بە هۆی پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤێنیزم و لەخۆبایی بونی نەتەوەییەوە، بەتایبەتی دروست کردنی نشینگە لە چەندین ناوچەی کوردستان. لە هەمووی قێزەونتر ناونانی نشینگەکانە بە ناوی شارە فەلەستینییەکانەوە، ئەو شارانەی کە لە لای جەماوەری گەلەکەمان خۆشەویستن و زایۆنیستە رەگەزپەرستەکان داگیریان کردون کە ئەمەش تەنها بۆ چاندنی تۆوی رق و کینەیە لە ناخی خەڵکانی جوتیاری کورد تەنانەت دژی ئەو ناوە عەرەبییە خۆشەویستانەش.

٥-بەردەوامبون لەسەر هەوڵدان بۆ تەفروتوناکردنی بزوتنەوەی گەلەکەمان و راکێشانی کوردی بوودەڵە بە لای خۆیاندا کە وەك دەسکەلا رەفتاریان لەگەڵدا دەکەن و ئەمانە هەر بەرژەوەندیی خۆیان گەرەکەو هیچ بیروباوەڕو پرنسیپێکیان نیە.

٦-پاکتاوکردنی سوپاو هێزە چەکدارەکان لە کورد بە بیانوی پەیوەندی کردن بە بزوتنەوەی چەکداری کوردەوە، هەرچەند ژمارەیەکی زۆری دورخراوەکان هیچ کاتێك پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە نەکردووە.

٧-دانانی لێپرساوی کینە لە دڵ لە کوردستان کە بە رقەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە دەکەن کە بەشدار بون لە شۆڕشی کورددا.

٨-زێدەڕۆیی لە هەڵوێستە نانیشتمانییەکاندا لە مەسەلەی دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ رژێمی کۆنەپەرستی پیلانگێڕی ئێران و مەرایی کردن بۆی، نەك هەر لە دەستهەڵگرتن لە پانتاییەکی فراوانی زەویی عیراق، بەڵکو تەنانەت لە بەشداری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە مراندنی حەزو ئاواتی ملیۆنان کەس لە گەلی عەرەبی عەرەبستان (ئەهواز) و شۆڕشی زەفارو کەنداوی عەرەب و خۆدزینەوەی دەسەڵات لە بەجێهێنانی ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی و مەرایی کردن بۆ کۆنەپەرستانی تورکیاو دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵیاندا بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە فراوانخوازییانەی کە تەنانەت لە تاریکترین سەردەمە کۆنەپەرستییەکانی پێشوش بەدییان نەهێناوە، هەروەها بەردەوامبون لەسەر ئازاردان و ملکەچ کردن و چەوساندنەوەی جەماوەری گەلی کورد بە هەموو شێوازێکی شۆڤێنی، ئەویش لە جیاتی دەستگرتن و پشتگیری کردنی بزوتنەوەی خەبات بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی ئەم دوو دەوڵەتە کۆنەپەرستە و بەربەرەکانێ کردنی چاوچنۆکییە ناڕەواکانیان.

٩-بە هەند وەرنەگرتنی مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشە بنچینەییەکان، لەوانە کێشەی گەلەکەمان کە لە پێشی پێشەوەی هەموو کێشەکانە، لە کاتێکدا

کە چاکترین هەلومەرج بۆ چارەسەر لە ئارادا بووە، کەچی رژێم چەندین دەرفەتی چارەسەری لە رابردوودا بەفیرۆ داوەو ئێستاش هەر بەردەوامە لەسەر بەفیڕۆدانی دەرفەتەکان تا وای لیٚ هاتووە کە چارەسەرەکە هەر لە بازنەیەکی بۆشدا دەسورێتەوە.

ئەو تاقمە کوردانەی کە چونەتە ناو بەرە لاوازەکە، هەڵوێستێکی مەردانەیان نیەو هیچ چارەسەرێکی بابەتییانەی پیٚ نیە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵات بە هیچ شێوەیەك بیرکردنەوەیەکی جیددیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلەکەمان و یەکخستنەوەی بزوتنەوەکەی نیە، ئەو بزوتنەوەیەی کە لێی رادەبینریٚ رۆڵێکی کارا شان بە شانی هێزە نیشتمانییە راستەقینەکان لەو بوارانەدا بگێڕێت کە جیٚ بایەخی گەلی عیراقن بە شێوەیەکی گشتی. ئەوەش کە ئەو تاقمانە دەیکەن، هیچ پاساوێکی نیە جگە لە هەوڵدانیان بۆ پاراستنی پلەو پایەو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان. دیارە هێزە سەرەکییەکانی بەرەکە بڕێکی زۆری لێپرسراوەتیی شپرزەیی رەوشەکەیان لە ئەستۆ دایە، مەگەر دەستوبردی لیٚ بکەن و بکەونە خۆ بۆ راستکردنەوەی هەڵوێستە نامەبدەئییەکانیان کە مایەی زیان گەیاندن بون بە گەلەکەمان و بە خودی خۆیان و بە سەرجەم بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق.

جەماوەری تێکۆشەری گەلی کورد

سوربونی دەسەڵات لەسەر ئەم چەشنە سیاسەتە خێڵەکییە شۆڤێنییە و داپلۆسینی نەتەوەیی و راگواستن و دەربەدەرکردن پاش گەڕانەوە (لە ئێران) و پیلانگێڕیی لەمەوبەری سەرکردایەتیی لە ناوچوو دژی جولاَنەوەکەمان و پێشڕەوەکەی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، هەموو ئەم بەسەرهاتانە لەگەڵ باوەڕی تەواومان بە مافە رەواکانی گەلی کوردو پێویستیی موتوربەکردنی بیری نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بە بیروباوەڕی سۆسیالیزمی زانستی و خەباتی چینایەتیی چینە زەحمەتکێشەکان لەبەر رۆشنایی ڕێبازێکی زانستی و پتەوکردنی ریزەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستان و خاوێن کردنەوەی لە بەدکارییەکانی ئەنگێزە کۆنەپەرستە گومانلێکراوەکان وێك نەدەهاتنەوە، هەروەك نەشدەگونجان لەگەڵ باوەڕی تەواومان بە شەریکایەتیی هەردوو گەلی کوردو عەرەب لە نیشتمانداو پێویستیی خەباتی هاوبەشیان دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لەپێناوی پاراستنی سەربەخۆیی وڵاتدا، ئەمە هەمووی ئەو فاکتەرانەن کە بونەتە مایەی سەرهەڵدانی بزوتنەوە سۆسیالیستە دیموکراتییە کوردستانییەکەمان وەك پێداویستییەکی حەتمی و هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازو پێشکەوتوتر لە پارتی دیموکراتی کوردستان، وەك لە پرۆگرام و بلاَوکراوەکانی پێشودا ئامانج و پرنسیپەکانیمان رون کردۆتەوە.

پیادەکردنی ئەم جۆرە سیاسەتەشە لە دژی ئێمەو دژی گەلەکەمان بۆتە هۆی ئەوەی کە تێکۆشەرانی بزوتنەوەو جەماوەرێکی زۆری تێکۆشەران و پێشمەرگە کە بۆ بەرگری کردن لە مافە خوراوەکانی گەلەکەمان گەڕاونەتەوە بۆ نیشتمان، ناچار بن هانا بۆ چیاکانمان بەرن. ئێمە پێمان ناخۆشە کە ناچار بوین پەنا بۆ ئەم کارە ببەین چونکە دەسەڵات ئەرکەکانی سەر شانی خۆی بەرامبەر بە گەلەکەمان بە رێکوپێکی جێبەجیٚ نەکردووە. ئێمە لەو بڕوایە داین کە دەبیٚ کێشەی گەلان بە شێوەیەکی سیاسی و بە رێوشوێنی دیموکراتییانەی ساغڵەم چارەسەر بکریٚ نەك بە روبەڕوبونەوەو ململانیٚ، هەروەك پەی بە گرنگیی هاوپەیمانیی چارەنوسسازی نێوان هەردوو گەلی برا دەبەین کە بە شێوەیەکی سەرەکی توانیویانە رێککەوتننامەی ئازار بهێننە دی، ئەو رێککەوتننامەیەی کە دەق و ناوەڕۆکەکەی هێشتا ئەو بنەما روحی و ماددییە پێکدێنن کە بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی نیشتمانی و بەرە تۆکمەکەی، دەبیٚ پشتی

پێ ببەسترێ. لێرەدا پشتگیریی خۆمان بۆ مەسەلە چارەنوسسازەکانی گەلی عەرەب دەردەبڕین، بەتایبەتی شادبونی گەلی فەلەستین بە تەواوی مافەکانی خۆی لەو خاکەی کە زایۆنیزمی نۆکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا لێی داگیر کردووەو رایدەگەیەنین کە ئێمە هیچ ئەنگێزەیەکی جیاخوازی و تەنگبینیی نەتەوەییمان نیە، هەروەك هیچ بۆچونێکی وامان نیە کە کاریگەریی لەسەر پەیوەستە چارەنوسسازەکانی نێوان هەردوو گەل هەبێ. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە لە سۆنگەی پەی بردن بە لێپرساوەتیی هۆشیارانەی خۆمان، زۆر هەولّمان داوە خۆمان لەوە بپارێزین کە لەگەڵ هێزە چەکدارەکان توشی پێکدادان و بەریەککەوتن ببین، مەگەر لە ناچاریداو لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی شاڵاوەکانی شەڕ پێ فرۆشتن و راوەدونـانـدا، وەك ئەوەی کە لە وەڵزێ و گەرەوان و شوێنی تردا رویدا، کاتێك هێزە چەکدارەکان هێرشیان کردو ویستیان خێزانە جوتیارەکان بۆ باشور بگوێزنەوە، بۆیە هێزی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵکی جوتیاران روبەڕوی دەستدرێژکاران بونەوە. ئێمە لەوە دڵنیاین کە پێویستە هەموو تواناکانمان بۆ بەربەرەکانێ کردنی دوژمنە هاوبەشەکانمان، واتە ناوەندە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستییەکان، بخەینە گەڕ نەك بەر بینە وێزەی یەکتری و یەکتر بڕەتێنین و حەزو ئارەزوی دوژمنەکانمان بەدی بێنین. لە سۆنگەی باوەڕی تەواوەوە بە ئاشتی و برایەتی و یەکێتیی نیشتمانی و سەقامگیرکردنی ئاسایش لە سەرانسەری عیراقی خۆشەویستمان، بە ناوی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوەو لە خاکی کوردستانی عیراقەوەو بە ناوی تێکۆشەرانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانەوە، داوا لە گەلی کوردو گەلی عیراق بە گشتی و هەموو هێزە نیشتمانییەکان و بزوتنەوە رزگاریخوازو پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و جیهان دەکەین هەموو توانای خۆیان بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵات بەکار بهێنن بۆ ئەوەی واز لە سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و جیاکاریی رەگەزپەرستانە بهێنێ، ئەو سیاسەتەی کە بە توندوتیژترین شێوە دژی گەلەکەمان پیادە دەکرێت. هەروەها دوبارە داوا لە دەسەڵات دەکەینەوە کە بگەڕێتەوە بۆ سەر ناوەڕۆکی بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠و دەست بکات بە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆی سەبارەت بە پتەوکردنی هاوپەیمانیی چارەنوسسازی نێوان هەردوو گەل بە چەشنێك کە ببێ بە مایەی سەقامگیرکردنی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە و رزگارکردنی عیراق لە ئاگری لێکترازان و داهێزران و پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی کۆنەپەرستانی ناوچەکە و ئیمپریالیزمی جیهانی، بە مەبەستی یەکخستنەوەی توانای گەلەکەمان و هێزە نیشتمانییەکانی بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات. لێرەدا ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە، ئێمە رایدەگەیەنین کە ئامادەین هەموو ئەرکەکانی سەر شانمان جێبەجێ بکەین، ئەگەر دەسەڵات رێ بۆ هێنانە کایەی کەشی ئاسایی خۆش بکات، بەوەی کە هەنگاوی پێویست بنێ، دان بە هەڵە ئەنجامدراوەکاندا بنێ و بگەڕێتەوە بۆ سەر ناوەڕۆکی بەیاننامەی ئازار بۆ یەکگرتنەوەی هەموو هەوڵ و کۆششە خێرخوازەکان لەپێناوی ئاشتی و ئاشتەوایی و وەلاوەنانی رق و کینە و سەقامگیرکردنی برایەتیی نەتەوەیی و هاوپەیمانی و گێڕانەوەی ژیانی دەستوری بۆ وڵات.

بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

١٩٧٧/٣/١

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

*کەوانەکان بۆ رونکردنەوە دانراون.

*تا ئەیلولی ١٩٧٧ وشەی «دیموکرات» بە ناوی بزوتنەوەوە لکا بوو، دواتر لابرا.

*بەیاننامەکە لە بنەڕەتدا وەك بانگەوازێك نوسراوە و ناونیشانەکەی بەم جۆرەیە «بانگەواز بۆ

جەماوەری گەلی تێکۆشەری عیراق، هەموو هێزە نیشتمانییە تێکۆشەرەکان، هەموو هێزە پێشکەوتنخوازە تێکۆشەرەکانی عەرەب و جیهان و سەرباز و فەرماندەکانی هێزە چەکدارەکان».

## بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان (باڵی ناو یەکێتی)

ئەو باڵەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانە کە لە نەورۆزی ١٩٧٩دا لەگەڵ باڵی ڕەسوڵ مامەنددا لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا نەبۆوەو لە ناو یەکێتی مایەوە. لەبەر ئەوەی لە سەرکردایەتیی کۆنی بزووتنەوە، تەنها عومەر مستەفا لە ناو یەکێتی مابۆوە، بزووتنەوە سەرکردایەتیی نەمابوو و پێویستی بەسەرکردایەتییەکی تازە بوو.

لە سەرەتای هاوینەوە وردە وردە هەندێ لە کادیرەکانی ڕێکخستنی شارەکانی بزووتنەوە یەك لەدوای یەك پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردو سەرکردایەتییەکی نوێیان پێك هێنا. لەو سەرکردایەتییە نوێیە تەنها عومەر مستەفا لە سەرکردە دامەزرێنەرەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیست بوو، ئەوانی تر، لەوانە عومەر عەزیز قادر، نازم عومەر و جەمال حەکیم ئاغا، هەموویان لە کادیرە پێشکەوتووەکانی ناو شار بوون. لەو ماوەیەدا بزووتنەوە کەوتە گەڕ بۆ دامەزراندنەوەی دامودەزگاکانی و پەرەپێدانی ڕێکخستنەکانی، بەڵام نەیتوانی ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکاتەوە کە جیابوونەوەی بزووتنەوەی پێشوو دروستی کردبوو. ساڵی ١٩٨٠ بزووتنەوە گۆڤارێکی بە ناوی «بزووتنەوە» وەك ئۆرگان دەرکرد. ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٧٩دا لە کۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بڕیاری دەرکردنی درابوو. گۆڤارەکە کە تەنها شەش ژمارەی لێ دەرچووە، بە دوو خولدا تێپەڕیوە. خولی یەکەم ساڵی ١٩٨٠و ١٩٨١ دەگرێتەوە و تێیدا چوار ژمارەی لێ دەرچووە. خولی دووەم ساڵی ١٩٨٢ دەگرێتەوەو تێیدا دوو ژمارەی لێ دەرچووە.

لە ٣ی ئابی ١٩٨٢ نوێنەرانی هێڵی گشتی لە نامەیەکی فەرمیدا بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوە، پێشنیاری بەستنی کۆبوونەوەیەکیان کرد بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی یەکخستنی هێڵی گشتی و بزووتنەوەی سۆشیالیست لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی نوێدا. لە ٢٦ی ئابدا کۆبوونەوەکە بەستراو تێیدا هەردوولا لەسەر یەکخستنی ڕێکخستنەکانیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی تازەدا بە ناوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ڕێککەوتن. لە ١١ی ئەیلولدا هەردوولا یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان ڕاگەیاند.

تەمەنی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پاش جیابوونەوەی باڵی ڕەسول مامەند، درێژ نەبوو بەڵکو تەنها ٣ ساڵ و شەش مانگ و نیو بوو کە لە نەورۆزی ١٩٧٩وە دەست پێدەکاو لە ١١ی ئەیلولی ١٩٨٢ کۆتایی دێ، دوا بەدوای ئەمە، ئەندامانی بزووتنەوە بەردەوام بوون لەسەر کارکردن لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ژێر چەتری یەکێتیی شۆڕشگێڕان.

## بڵاوکراوەی ناوخۆ

بڵاوکراوەیەکە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەسەر ئاستێکی تەنگەبەر، تەنها بۆ ئەندامەکانی، دەری کردووە. هەر ژمارەیەك لەو بڵاوکراوەیە بۆ بابەتێك یان زیاتر تەرخان کراوە و تێیدا شرۆڤە و زانیاریی پێویست پێشکەش کراوە.

ماوەی دەرچونی بڵاوکراوەکە کەوتۆتە نێوان بەستنی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە

ئایاری ١٩٨١و بەستنی کۆنفرەنسی دووەم لە ئابی ١٩٨٢. ئەمەش دەری دەخا کە تەمەنی بڵاوکراوەکە دەوروبەری ١٥ مانگ بووە.

بابەتەکانی بڵاوکراوەکە زۆرتر تایبەت بوون بە کاروباری رێکخستن و پێشمەرگایەتی و رەنجێکی زۆریش لەم رێگەیەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی ئەندامان دراوە. بابەتەکان تەنها بۆ کادیرو لێپرسراوان نەبووە، بەڵکو بۆ هەموو ئەندامەکان بووە. هەرچەند وا باوە کە بڵاوکراوە ناوخۆییەکان بابەتی هەستیاریان تێدا باس دەکرێ و میکانیزمی واش لە بڵاوکردنەوەیاندا پیادە دەکرێ کە رێ لە دزەکردنی بۆ دەرەوە بگرێ، بەڵام بابەتە تاوتوێکراوەکانی ئەم بڵاوکراوەیە، کەمتر بابەتی هەستیاریان لە خۆ گرتووە. بابەتەکان بە شێوەیەکی گشتی پەیامێکی پەروەردەیی و ئەخلاقییان پێ بووەو هەوڵیان داوە بەهاکانی پێشمەرگایەتی و گیانی نیشتمانپەروەری لە ناخی ئەندامان بچەسپێنن. بەشێکی بابەتەکان بۆ راست کردنەوەی هەندێ بیروڕای چەوت لە ناو رێکخستنەکان تەرخان کراوە. هەندێ بابەتیش بۆ رەواندنەوەی گیانی کوێخایەتی لە ناو کادیرە سیاسییەکان و بەرپرسە عەسکەرییەکان تەرخان کراوەو زۆر بە توندی تێیدا بەرپەرچی نەریتی خۆبەزلزانی و خۆهەڵکێشان و خەرۆیی لە ناو رێکخستنەکان و یەکەکانی هێزی پێشمەرگە دراوەتــەوەو کادیرەکانی رێکخستن و هێزی پێشمەرگە هان دراون پەیوەندییان لەگەڵ جەماوەر خاکییانەو مرۆڤانە و دۆستانە بێ. یەکێ لەو بابەتە هەستیارانەی کە بڵاوکراوەکە بایەخی پێ داوە، شرۆڤەکردنی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە کە پەیوەندییەکە لە بنەڕەتدا بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی رێك خراوە. هۆی وروژاندنی ئەم بابەتە دەچێتەوە سەر لادانی توندڕەوانە بە لای چەپ و راستدا لە ناو رێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە، چونکە هەندێ لە ئەندامان لە چوارچێوەی لادانێکدا بە لای چەپدا، زۆرتر گرنگییان بە کۆمەڵەی رەنجدەران دەداو یەکێتیی نیشتمانییان بە کەم دەگرت، هەندێکی تر زۆرتر گرنگییان بە یەکێتیی نیشتمانی دەداو کۆمەڵەی رەنجدەرانیان بە کەم دەگرت. بڵاوکراوەکە ئەندامان و کادیرەکانی هان داوە هاوسەنگییەك لە نێوان پەیوەندییان بە کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانییەوە دروست بکەن و وای داناوە کە گرنگیدان تەنها بە کۆمەڵە و پشت گوێ خستنی یەکێتیی نیشتمانی «کۆمەڵە لە هێزی کۆمەڵانی خەڵك دادەبڕێ»و لەو لاشەوە گرنگیدان تەنها بە یەکێتیی نیشتمانی و پشت گوێ خستنی کۆمەڵەی رەنجدەران «هەم کۆمەڵە بەرەو لاوازی و پوکانەوە دەبات و هەم یەکێتیی نیشتمانی لەو پاسەوانە فیکری و سیاسییە ئەمینە دادەبڕێ کە لە لادان و دەسەڵاتی بورژوازی و کۆنەپەرستی دەیپارێزێ».

تیراژی بڵاوکراوەکە کەم بوو. قەبارەکەشی نیو فولسکاب و هەندێ جار بچوکتر بوو. بڵاوکراوەکە کە دەوروبەری ١٠ ژمارەی لێ دەرچووە، لە چاپخانەی کۆمەڵە لە ناوزەنگ دەرچووە. بابەتەکان بە تایپی برازەر تایپ کراون و دواتر بە ئامێری فۆتۆ ستێنسڵ خراونەتە سەر ستێنسڵ و بە ئامێری رۆنیۆ دانەیان لەبەر گیراوەتەوە.

جەزا عەبدولواحید تایپی کردووە، سیامەند مامیر شاسواری دیزاینی کردووەو حەمە ئەمین عەبدوڵڵا دەروێش ناسراو بە چالاك بە رۆنیۆی گستتتنەری تاك رایکێشاوە.

بڵاوکراوەکە لە ژێر سەرپەرشتیی دەزگای رێکخستن و سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەران دەرچووە. پاش کۆنفرەنسی دووەم، بڕیار درا بڵاوکراوەکە رابگیرێ و بڵاوکراوەیەکی تر بە ناونیشانی «ژیانی رێکخراوەییمان» جێی بگرێتەوە.

## بلفەت (تیپ)

تیپی ٦٥ی بلفەت. یەکێکە لە تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. مێژوی دامەزراندنی بۆ ساڵی ١٩٨٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك زۆریی ژمارەی پێشمەرگەکانی تیپی ٦٣ی جوتیاران وای کرد بیر لە پێکهێنانی تیپێکی تر بکرێتەوە. بەم پێیە، چوار کەرت کە ژمارەی پێشمەرگەکانیان نزیکەی ١٨٠ پێشمەرگە دەبوو، لە تیپی ٦٣ی جوتیاران جیا کراوەو تیپی ٦٥ی بلفەتیان لێ دروست کرا. جێگری فەرماندەی تیپی ٦٣ی جوتیاران، مەولود هێرۆیی، کرایە فەرماندەی تیپە تازەکەو عەبدوڵلا وسو بووە جێگری.

سنوری چالاکیی تیپە تازەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لە سنوری چالاکیی تیپی ٦٣ی جوتیاران نەبوو و ئەویش هەر لە ناوچەی پشدەر بوو. بارەگای تیپەکە لە گوندی ئاوەژێ دانرا، بەڵام لە هەندێ قۆناغەدا شوێنی بارەگاکە بۆ گوندی تر گواستراوەتەوە.

چوار لە فەرماندەی کەرتەکانی ئەمانەن: ئەحمەد رەسول هێرۆیی فەرماندەیی کەرتی تیپ، رەحمان باپیر فەرماندەی کەرتی ١، مەحمود وسو فەرماندەی کەرتی ٢و حەسەن کۆ فەرماندەی کەرتی٣. لێپرساوەتیی رابەری سیاسیش بە مستەفا سەلیم سپێردرا.

ناوی تیپەکە لە ناوی چیای بلفەتەوە هاتووە کە ٢٣٧٩ مەتر بەرزەو کەوتۆتە رۆژهەڵاتی قەڵادزێوە لەسەر سنوری نێودەوڵەتیی عیراق- ئێران.

تیپەکە رۆڵێکی گرنگی لە پارێزگاری کردن لە ناوچەی پشدەر هەبوو، هەروەك بەشدارییەکی کاراشی لە هەندێ لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکان کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧.

## بڵێسە جەبار فەرمان



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٥ی بەغدا. ژیانی سیاسیی سەخت و پڕ کێشمەکێشی باوکی، کە یەکێ لە سەرکردەکانی شۆڕش بوو، زۆر کاریگەریی لەسەر بڕینی قۆناغەکانی خوێندنی هەبوو. خوێندنی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٨٦ لە سلێمانی تەواو کرد. قۆناغی ناوەندیی لە سلێمانی دەست پێکردو ساڵێکیش لە بەغدا خوێندی و دوای ئەوەی لەئەنفالەکاندا بنەماڵەکەی ئاوارەی ئێران بوو، خوێندنی ناوەندیی لە شاری ورمێ تەواو کردو هەر لەوێش دەستی بە خوێندنی ئامادەیی کرد.

ساڵی ١٩٩١ ئێرانی بەجێ هێشت و لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. لە شاری شتوتگارت خوێندنی ئامادەیی تەواو کردو ساڵی ١٩٩٤ لە کۆلێجی ئەندازیاریی کشتوکاڵ لە زانکۆی هۆهێنهایم لە شتوتگارت وەرگیرا. ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری ئابووریی کشتوکاڵ بەدەست هێنا.

پاشان لە بەشی ئاماری کشتوکاڵ لەشتوتگارت کاری کرد. دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤، کرا بە ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری کشتوکاڵ و لە ساڵی ٢٠٠٥دا کرایە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کشتوکاڵ.

ساڵی ٢٠٠٧ کرایە بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوەی کشتوکاڵی لە دەستەی کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە

ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، لەسەر لیستی پارێزگای سلێمانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردرا.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی خانەقین، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا.

## بناوەسوتە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەك لەپێشمەرگەکانی کەرتی شەهید حەمە کەریمی سەر بەهەرێمی ٢ی کەرکوک و سەربازەکانی سوپای عیراق لە بازگەی بناوەسوتەو ئاشی شێخ قاسم. لە ١٩ی مارتی ١٩٧٩ پێشمەرگە بەئار بی جی و هاوەن هێرشی کردە سەر بازگەکەو زیانی گیانیی لەسەربازەکانی بازگەکە دا. لە ئاکامدا ٨ سەرباز کوژران و ٤ سەربازی دیکەش بریندار بوون.

## بندایزان (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگانەیە، لە ساڵی ١٩٧٨دا دوو پێشمەرگەی هەرێمی ٧ی باڵەك ئەنجامیان داوە. لە ١٣ی تەموزی ١٩٧٨دا دوو پێشمەرگە خۆیان لە بۆسە نا بۆ ئەو هێزەی سوپای عیراق کە لە ناوچەی چۆمان لەگوندی بندایزانەوە بەرەو گوندی شێخ وەتمان بەڕێ کەوتبوو، ئۆتۆمبێلی فەرماندەی هێزەکەیان کردە ئامانج و دایانە بەر ئاگری گوللەکانیان، لە ئاکامدا ئەفسەرێك کوژرا.

## بنگرد (ڕاپەڕین)

ڕاپەڕینی دانیشتوانی ناحیەی بنگرد لە٢٦ی ئایاری ١٩٨٦. هۆی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینەکە تەشەنە سەندنی کێشەی ئاو بوو لە ناحیەکە بەڵام ڕاپەڕینەکە چەردەیەك هۆو فاکتەری ناڕاستەوخۆی لەپشتەوە بوو کە کەڵەکەبونیان بووە هۆی تەقینەوەی تووڕەییو ناڕەزاییەکان بە شێوەی ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە دژی دامو دەزگاکانی حکومەتی عیراق لەبنگردو ئۆردوگای زۆرەملێی تەنیشتی.

لە١٩ی ئایاردا گردبونەوەیەکی جەماوەریی گەورە لە شارۆچکە و ئۆردوگا زۆرەملێکەی بنگرد ڕێکخرا، لە ماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر هەموو دام و دەزگا فەرمییەکاندا گیرا، ئاڵای عیراق لەسەر بینای دام و دەزگاکان داگیراو جەماوەر وێنەکانی سەرۆکی عیراقیان دڕاند.

شارۆچکە و ئۆردوگاکە بەتەنیشت یەکەوە بون. ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە ١٥٠٠ کەسو ژمارەی ماڵەکانی ٢٣٠ ماڵ بوو. ژمارەی دانیشتوانی ئۆردوگاکە لە ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە زۆرتر بوو، خۆی لەقەرەی ٣٠٠٠ کەس دەدا کە لەنۆ گوندی ڕاگوێزراو لەوێ کۆ کرابونەوە. ئۆردوگاکە دوو خوێندنگەی سەرەتایی لێ دەرچێ، هیچ فەرمانگەو دامو دەزگایەکی خزمەتگوزاری تێدا نەبوو. پیشەی سەرەکیی خەڵکەکە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوو. بۆیە نزمیی ئاستی گوزەران و کەمیی خزمەتگوزاریی پێویست دانیشتوانی شارۆچکە و ئۆردوگاکەی هەراسان کردبوو. لە دەیەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕینەکەدا گۆڤاری «ئاسۆس» ڕاپەڕینەکەی بەسەر کردەوەو هەندێ وردەکاریی گرنگی لەبارەیەوە بڵاوکردەوە لەوانە پەیوەندیی نهێنیی بەڕێوەبەری ناحیەکە محەمەد ساڵح محەمەد برادۆستی بە سەرکردایەتیی یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستانەوەو لە ناو سەرکردایەتیدا بە عومەر عەبدوڵڵاوە، پەیوەندییەك کە بەڕێوەبەری ناحیەکەی هاندا نەرمییەکی زۆر بەرامبەر بەڕاپەڕینەکە بنوێنێو ڕێگر بێ لەبەردەم بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە دژی خەڵکی ڕاپەڕیو. چەکدارەکانی سەر بەحکومەت دژی ڕاپەڕین نەوەستانەوە. ئەمەش ترسی ئەوەی لەلای کاربەدەستانی حکومەتی عیراق دروست کردبوو کەئەگەر بەوریایی مامەڵە لەگەڵ کێشەکەدا نەکەن، ئەگەری یاخیبونی چەکدارەکان ئەگەرێکی کراوە دەبێ. بۆیە تا کۆتایی مانگ کاربەدەستانی عیراق هیچ جموجوڵێکیان نیشان نەدا.

لە١ی حوزەیراندا پەیام بۆ بنگرد نێردرا کەلێپرسراوان دێنو گوێ لەداخوازییەکانی جەماوەر دەگرنو هەوڵی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان دەدەن. لەم سەروبەندەشدا هێزێکی گەورە بە پاڵپشتی تانك و تۆپخانەو زرێپۆش لە نزیك بنگرد دانراو داوا لە فەوجێکی سوکی چەکدارەکانو دوو مەفرەزەی سەر بەهەواڵگریی سوپاو چەکدارەکانی کەرتی جەیش شەعبیی ناو ناحیەکە کرا لە بنگردو ئۆردوگاکە بچنە دەرێ. ئەمەش مەترسیی یاخیبونی چەکدارەکانی ڕەواندەوە، چونکە ئەوەی کە لە ناو بنگردو ئۆردوگاکە مایەوە، تەنها هاوولاتییانی سیڤیل بون. دواتر، داوا لەدانیشتوان کرا لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا شارۆچکە و ئۆردوگاکە بەجێ بێڵن. لە قۆناغی یەکەمدا دەمو دەست پاش ئەوەی دانیشتوانەکە شارۆچکە و ئۆردوگاکەیان چۆڵ کرد، لە٢و٣ی حوزەیراندا بنگردو ئۆردوگاکە لەگەڵ زەویدا تەخت کرا. لە قۆناغی دووەمدا ٩ هاوولاتی بە ناوی عەلی ئیسماعیل عەلی، یاسین حەمە ڕەشید، محەمەد ساڵح، عوسمان محەمەد عەلی، حامید عەلی ئیسماعیل، ڕەسول محەمەد ساڵح، وەلید عەبدولڕەحمان، بەکر حاجی عەبدولقادرو عومەر حەمە عەلی دەستگیر کرانو دواتر لە ناو بران. هەندێ لەوانە چەکداری ڕژێم بون.

## پاشکۆ

## تەخت کردنی ناحیەی بنگردو دەوروپشتی
## (وتار)

لە٢و ٣ی ئەم مانگەدا (حوزەیرانی ١٩٨٦) بەعسییانی عەفلەقی تاوانێکی دیکەی پڕ شەرمەزارییان دەرهەق بەگەلی کورد تۆمار کرد، بەوەی کەتەواوی ناحیەی بنگردو گوندەکانی دەورو پشتی بنگردیان- بەئۆردوگای زۆرەملێی بنگردەوە- دایە بەر چەقۆی ٦٠ شۆفڵو بلدۆزەر. لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا زیاتر ٢٥٠٠ خانوو و ٤ قوتابخانەو ٤ مزگەوت و نەخۆشخانەیەك و چەندین دامودەزگای تریان بەسەر یەکدا ڕماند و چارەنوسی دانیشتوانی بنگردو دێهاتەکانی دەورو پشتیان دایە دەست پەرەوازەبونو ماڵوێرانی.

ئەم بەعسییە دڵو دەمو دەست پڕ ڕقو کینانە ئەوەندە ڕقی نەتەوایەتی چاوی کوێر کردبون تەنانەت ماڵە جاشی خۆیشیان لەگەڵ ماڵی هاوولاتییانی دیکە ڕوخاندو دارو پەردوی هەر چی بۆنی یەکبونی کوردی لێ دەهاتو لێ نەدەهات لە بنگردو دەورو پشتی لەگەڵ ئەرز کردیان بە یەك.

تەخت کردنی بنگرد ئەگەرچی لە ئەمڕۆی ژیانی پڕ خەباتی گەلەکەماندا ڕوداوێکی نەتەوایەتیی ناخۆشو ناهەموارە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆش هێنانەوەی ئەو کەسانەشە کەهۆشو وێژدانی نەتەوەییان لەئاست تاوانەکانی ڕژێمی عەفلەقی نوستووە بۆ ئەوەی لەخەوی پڕ مێردەزمەی خیانەت ڕاست ببنەوەو بەچاوی خۆیان ببینن کەبەعسی عەفلەقی چی لەگەلەکەیان دەکات و چۆن دوژمنایەتیی شارو گوندو ماڵو منداڵەکانیان دەکات، بۆ ئەوەی بە هەستی خۆیان

بگەنە ئەو قەناعەتەی کە بەعسی دەست و دەم و پل بە خوێنی کورد سورەوەبوو هەر تەنیا دوژمنایەتیی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سیاسیی کورد ناکات بەڵکو توندو قایمتر دوژمنایەتیی خودی نەتەوەی کورد دەکات و لەم پێناوەدا گوێ بەوە نادا کێ لەگەڵ ئەوەو کێ لەگەڵ ئەو نیە بەڵکو زۆرتر ئەوە لێك دەداتەوە کێ کوردەو کێ کورد نیە. کاتێکیش بەوپەڕی توندوتیژیو بەوپەڕی هێزی عەسکەریو تۆقاندنەوە روو لەپێشمەرگەو شۆڕش دەکاتو دەکەوێتە دوژمنایەتی کردنیان، زۆرتر لەبەر ئەوەیەتی کەپێشمەرگەو شۆڕش بێ سڵەمینەوە لەم پارێزگاری کردنەدا ئامادەن سەرو گیان ببەخشن.

تەخت کردنی بنگردو ئاوارەکردنی دانیشتوانی، تاوانێکە هەرگیز لەبیری گەلەکەمان ناچێتەوە، وەك چۆن تاوانە گەورەکەی بۆردومان کردنی قەڵادزێ (لە ساڵی ١٩٧٤) هەتا ئێستاش جۆشو خرۆشێکی شۆڕشگێڕانەی تازە دەخاتە بەر گیانی میللەتەکەمان، ئەم تاوانە تازەیەی عەفلەقییەکانیش بەهەمان شێوە دەبێتە مایەی خرۆشاندنی ئاگری رقو تورەییو نارەزایی لە ناو دڵو دەرونی کورددا لە بەرامبەر دوژمنە داگیرکەرەکەی کوردستان، رژێمی دکتاتۆرو شۆڤێنیستی بەغدا، دارو پەردوی بنگردو خۆشاوو هەنجیرەش وەکو دارو پەردوی گۆپتەپەو کانی وەتمانو زەنگەنەو قەشقەو سەدان گوندی شەهیدی کوردستان هەر بەزیندوییو نەمری دەمێنێتەوەو هەر تۆزی تورەیی لێ هەڵدەستێ، تا ئەو رۆژەی سەرلەنوێ زۆر جوانترو دڵگیرتر لە جاران دروستی دەکەینەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری «رزگاری» ، ژمارە ١١، حوزەیرانی ١٩٨٦، ل ٤.

## بورهان سەعید سۆفی



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی شاری هەولێر. قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی پیشەسازیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لەحوزەیرانی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگە لە قوەتی خۆشناوەتی. ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی رۆژهەڵات بۆ بەهێزکردنی بەرگریی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بە پێشرەویی هێزەکانی پاسدارانی ئێران. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی ٣ی تیپی ٨٣ی هەورێ. ساڵی دواتر گواسترایەوە بۆ تیپی ٨٥ی بەرانەتیو لەوێ کرایە جێگری فەرماندەی کەرتو دواتر لێپرسراوەتیی فەرماندەی کەرتی پێ سپێردرا.

لەو ماوەیەدا خۆیو سێ برای، نەهرۆو سەردارو سەرتیپ، پێشمەرگە بون. هەر بەهۆی ئەمەشەوە دەزگا ئەمنییەکان دایکیو زڕدایکیو چوار برایو خوشکێکیان دەستگیر کردو باوکیو دوو برای تری ناچار بون شار بەجێ بێڵنو بچنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٨٤دا کاتێك دەستگیرکراوەکان ئازاد کران، هەمویان رویان لە دۆڵی سماقوڵی کردو تێیدا گیرسانەوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە

ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی گرتنی هیرانو دێگەڵەو تەقتەقو شەڕی ١٢ ڕۆژەی دۆڵی سماقوڵی لە ساڵی ١٩٨٧و ئۆپەراسیۆنی گرتنی سەری ڕەشو شەڕەکانی بەرگری کردن لە ناوچەی سەرکردایەتی لە ساڵی ١٩٨٨، سەرباری شەڕەکانی دەشتی هەولێرو کەندیناوەو قەراجو بەڕانەتیو ناو شاری هەولێر.

لە قۆناغی پاش ئەنفالەکاندا بۆ ماوەی ١٤ مانگ، لەئابی ١٩٨٨ــەوە تا تشرینی یەکەمی ١٩٨٩، بە شێوەی پارتیزانی لە سنوری دەشتی هەولێر درێژەی بەژیانی پێشمەرگایەتیی داوە. لە ساڵی ١٩٩٠دا لەڕەوتی کارکردن بەسیستمی تازەی هێزی پێشمەرگە، کرایە فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە.

پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، بۆ جاری دووەم بە شێوەی پارتیزانی نێردرایەوە بۆ سنوری دەشتی هەولێر بۆ دروست کردنی هەماهەنگییەکی زۆرتر لە نێوان هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنی ناو شارەکاندا.

لە ڕاپەرینی ١٩٩١دا لە سنوری پارێزگای هەولێر ڕۆڵێکی دیاری لە ڕزگارکردنی ناوچەکاندا گێڕا. لە قۆناغی دوایی ڕاپەڕیندا، لە کاتی پێشڕەویی هێزەکانی عیراق لەموسڵەوە بەرەو هەولێر، لە شارۆچکەی خەبات ڕوبەڕوی هێزەکانی عیراق بۆوەو لە شەڕەکەدا بریندار بوو.


پاش ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆن و دواتر کرایە جێگری هێزی ١٠ی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٩٣ دوا بەدوای یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، کرایە فەرماندەی لیوای ٤٠ی ئاکرێ. ساڵی ١٩٩٥ بووە فەرماندەی لیوای تایبەت. ساڵی ١٩٩٦ لە کاتی هێرشی هێزەکانی عیراق بۆ سەر شاری هەولێر، بەشدار بوو لەبەرگری کردنو دواتر لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە سەر سنور. هەر ئەو ساڵە، پاش بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵە، بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شاری چوارتادا کردو لەو ئۆپەراسیۆنەدا بریندار بوو. پاش ئۆپەراسیۆنەکە بووەتە فەرماندەی لەشکری ٤ی هەولێر. ساڵی پاشتر بووە فەرماندەیی ٢ی هەولێرو بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا . لە ساڵی ٢٠٠١دا لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە کرایە کارگێڕی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەشدارییەکی کارای لەو ئۆپەراسیۆنەی هێزی پێشمەرگەدا کرد کە ئامانجەکەی پاککردنەوەی سنوری هەڵەبجە بوو لە تیرۆریستانی پشتیوانانی ئیسلام و لەم ئۆپەراسیۆنەدا لێپرسراوەتیی پاککردنەوەی ناوچەی بیارەی پێ سپێردرا.

لە ماوەی نێوان ٢٠٠٥-٢٠١٠دا وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. دواتر بە پلەی وەزیر خانەنشین کرا.

لە تەموزی ٢٠١٨دا لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیەی پێ سپێردرا.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی هەولێر بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠دا بە لێپرسراوەی مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران هەڵبژێردرا.

## بورهان قانع



نوسەرو وەرگێڕ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٥ی گوندی نەوێی ناوچەی شارەزور. بەهۆی هەژاریی بنەماڵەکەیەوە، هەر لە منداڵییەوە خەریکی کارو کاسبی بووە.

هــەژاریو پێویستیی کـاری بـەردەوامـی رۆژانـە بـۆ دابـیـن کـردنـی بـژێـوی، دەرفـەتێکی زۆری بۆ خوێندنی ئاینیی حوجرەی مزگەوت بۆ پێك نەهێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەم ئاشەوانیو کارکردنەوە توانی خوێندنی ئاینی لە لای باوکی بە شێوەیەکی نیوەوناچڵ تەواو بکا. ماوەیەکیش بەپچڕ پچڕی، لە خوێندنگە حکومییەکانی عیراق بە عەرەبیو ئێران بە فارسی خوێندی.

بـنـەمـاڵـەکـەی بـنـەمـاڵـەیـەکـی ئــەدەب پــەروەر بـوو. بـاوکـی، قـانـع، یـەکێ لـە نـاودارتـریـن شاعیرە کلاسیکییەکانی کـوردەو بە هۆی ئەمەوە بورهانی کوڕی، زوو تێکەڵ بە جیهانی ویژەو رۆشنبیری بووە. ساڵی ١٩٤٨ لە سلێمانی لە چاپخانەی «ژین»ی پیرەمێردی شاعیردا وەك شاگرد کاری کردووە. ئەم شاگردییە دەرفەتێکی گـەورەی بۆ دروست کردنی ئاشنایی لەگەڵ تەکنیکی چاپەمەنیدا بۆ رەخساندو دەروازەیـەکـی گـەورەشـی لـە بـەردەمـدا بۆ تێکەڵبون بەجیهانی رۆشنبیری کردەوە.

ساڵی ١٩٥٨ چـووە بـەغـداو کـەوتـە کـارکـردن لـە هەفتەنامەی «پێشکەوتن» کە یـەکەم ژمـارەی لـە شوباتی ١٩٥٨ دەرچـووەو خـاوەنـی ئیمتیازەکەی محەمەد بریفکانیو سەرنوسەرەکەی یونس سەباغ بـووە. کـارکـردنـی لـەوێ وەك کـادیـری تـەکـنـیـکـی ئەو دەرفەتەشی بۆ رەخساند کەهەندێ نوسین لە هەفتەنامەکەدا بڵاو بکاتەوە.

ساڵی ١٩٥٩ بووە فەرمانبەر لە ئێزگەی کوردیی بـەغـداو بـە ناونیشانی بـێـژەرو وەرگـێـڕ دامــەزرا. ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ ژمـارەیـەك روناکبیردا کەوتە بانگەشەکردن بۆ پێویستیی دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کـوردو پێکەوە هەڵمەتێکیان لەم بارەیەوە لە رۆژنامەی «پێشکەوتن» دەست پێ کرد. هەر ئەو ساڵە، لە بەغدا رۆژنامەی «دەنگی کورد» ی بەڕێوە بردو بەرنامەیەکی هەفتانەشی بە ناونیشانی «شیعرو مۆسیقا» لە ئێزگەی کوردیی بەغدا ئامادەو پێشکەش کرد.

ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ هەڵگیرسانی گرژی لە نێوان کوردو حکومەتی عەبدولکەریم قاسمدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو دوای دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق لە مـاوەت، سەرپەرشتیی بەشی کوردیی ئێزگەکەی کرد.

ساڵی ١٩٦٩ وەك ئەندامی دەستـەی نوسەران کاری لەگۆڤاری «رزگاری»دا کردو کە لە سلێمانی دەردەچــوو. بەشێکی بابەتەکانی گـۆڤـارەکـە، ئەو نوسیویەتیو زۆربەی ئەرکە تەکنیکییەکانی گۆڤارەکە تا دەگاتە کاروباری چاپکردنی، لە ئەستۆی ئەودا بوو.

ساڵی ١٩٧٢ لـە رادیــۆی کـوردیـی بـەغـداوە گوێزرایەوە بۆ دەزگای جەماهیرو لەوێ لە رۆژنامەی «هاوکاری» وەك نوسەر دامـەزرا. پاش ئـەوەی لە ساڵی ١٩٧٤دا رۆژنـامـەکـە خرایە سـەر دەزگـای رۆشنبیریو بـڵاوکردنـەوەی کـوردی، بۆ دەزگاکە گوێزرایەوەو لەوێ بووە وەرگێڕ لەگۆڤاری «بەیان». لەو ماوەیەدا لەرادیۆی کوردیی بەغدا بەرنامەیەکی رۆژانەی بە ناوی «کوڕی لادێ» ئامادەو پێشکەش کردو چەند درامایەکی کۆمەڵایەتیی نوسی. هەر ئـەو سـاڵە پـاش ماندووبونێکی زۆر تـوانـی کتێبە مێژووییەکەی «میدیا»ی دیاکۆنۆڤ لە فارسییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردیو لە ساڵی ١٩٧٨دا بەچاپی گەیاند. ئـەم کتێبە یەکێکە لەسەرچاوە هـەرە گرنگەکانی مـێـژوی مـادو وەرگـێـڕانـی بۆ سەر زمانی کـوردی، جگە لـەوەی کە کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند بووە، کاریگەریی قوڵیشی لەسەر هۆشیاریو بیرکردنەوەی نەتەوەیی کورد بەجێ هێشتووە. لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا

بەشێکی زۆری هەوڵو کۆششی خۆی بۆ پاراستنی کەلەپوری قانعی شاعیر تەرخان کردو لەم روەوەو ئەرکەکەی بە سەرکەوتویی جێبەجێ کرد.

بورهان قانع ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسی نەبوو بەڵام لە هیچ قۆناغێکدا لەبزوتنەوەی کوردایەتی دانەبڕاوە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دروست کردوو هەر لەو ساڵەشدا لە بەغدا چاپخانەیەکی دەستیی کڕی، گەیاندییە شاری سلێمانیو لەگەڕەکی توی مەلیك شاردییەوە. لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە گەیاندییە بارەگای چاپخانەی برایم عەزۆ لەگوندی زەڵێ لە ناوچەی پشدەر. سەرەڕای کۆنیی چاپخانەکە، بەڵام زۆر بەکەڵکی هەلومەرجی پێشمەرگایەتیو تەکنیکی چاپی ناوچەی شاخاوی دەهات.

ئەگەرچی پرۆسەکە زۆر بە نهێنی بەڕێوە چوو، بەڵام ئەستەم بوو هەواڵی گەیاندنی چاپخانەیەك لە بەغداوە بۆ سلێمانیو لە سلێمانییەوە بۆ سەر سنوری عیراق- ئێران بەتەواوی بشاردرێتەوە. هەر دوا بەدوای ئەمە، دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس کەوتنە گەڕ بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ئەم پرۆسەیە. هەر ئەو ساڵە دەستیان گەیشتە بورهان قانع و لە بەغدا دەستگیریان کردو بۆ ماوەی سێ مانگ لەگرتوخانەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی بەغدا هێشتییانەوە. لەو ماوەیەدا خرایە ژێر ئەشکەنجەوەو گوشارێکی زۆری خرایە سەر تا نهێنییەکانی مەسەلەکە ئاشکرا بکا، بەڵام ئەو خۆی راگرتو هیچی نەدرکاند. زانیارییەکانی دەزگا ئەمنییەکان لەم بارەیەوە یەکلاکەرەوە نەبون. بۆیە پاش ئەوەی کە هیچیان لەسەر ساغ نەکردەوە، ناچار بون ئازادی بکەن.

هەر ئەو ساڵە، پاش ئازادکردنی، لە سنوری پێنجوێنەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە سنوری هەرێمی ٣ی شارباژێر بووە بەرپرسی کاروباری ئیداری. لەم سەروبەندەشدا پەیوەندیی بە دەزگای راگەیاندنەوە کردو ماوەیەك لەگوندی زەڵێ گیرسایەوە.

لەو ماوەیەدا رۆڵێکی کارای لەئاشناکردنی کادیرانی چاپخانەی برایم عەزۆ بەهەندێ تەکنیکی چاپ هەبوو. لە بواری رۆشنبیریشدا لەبەشێکی ئەو خولە رۆشنبیرییانەی کە بۆ کادیرەکانی رێکخستنو رابەرە سیاسییەکان ساز دەکرا، وەك مامۆستا چەند وانەیەکی سەبارەت بەمێژوی کورد وتەوە.

ساڵی ١٩٨٠ کۆنتاکتی لەگەڵ کتێبخانەی سەیدیان لە مەهاباد دروست کردو لە سەفەرێکی بۆ مەهاباد هەوڵیدا لەڕێگەی کتێبخانەی سەیدیانەوە چەند پرۆژەیەکی رۆشنبیری بەئەنجام بگەیەنێ، لەوانە رۆژژمێری پێشمەرگە، بەڵام پرۆژەکان لەبەر هەلومەرجی ئەو سەردەمە چانسی جێبەجێ کردنیان بۆ نەرەخسا.

ساڵی ١٩٨١ پێشنیاری دامەزراندنی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی کرد. هەر ئەو ساڵە پێشنیارەکەی پەسند کراو راسپێردرا بچێ بۆ تاران بۆ کڕینی پێداویستییەکانی چاپەمەنی. لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا دەزگاکە بەلێپرساوەتیی بورهان قانع وەك دەزگایەکی سەر بەدەزگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەبینایەکدا کە لە ناوزەنگ بەتایبەت بۆ دەزگاکە دروست کرابوو، دەستی بەکارەکانی کرد. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ئەو بەرپرسی دەزگاکە بوو، دەزگاکە چەندین کتێبی گرنگی چاپ کرد کە بەشێکی، خۆی لە فارسییەوە کردبوی بەکوردی، لەوانە کتێبێکی محەمەد شێخۆ بە ناوی «حزبی کاری ئەلبانی»و کتێبێکی ستالین بە ناوی «نەتەوایەتی لە ڕوانگەی فەلسەفەی زانستییەوە».

له كانونی دووه‌می ساڵی ١٩٨٢ ده‌ستی له كار كێشایه‌وه‌و له‌گوندی كانی كووزه‌ڵه‌ گیرسایه‌وه‌و خه‌ریكی كاری كشتوكاڵ بوو.

له‌و ماوه‌یه‌دا ژماره‌یه‌كی زۆر كتێبی سیاسیی‌و چه‌ند نوسینێكی لینین و ئه‌نگلس و ستالین و ماو تسی تۆنگ و چه‌ند رۆمانێك و فه‌رهه‌نگێكی سیاسیی له‌فارسییه‌وه‌ كرد به‌كوردی. به‌شێك له‌و وه‌رگێڕدراوانه‌، به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی باسی ئه‌زمونی خه‌باتی چه‌كداری وڵاتانی ئه‌لبانیاو نیكاراگواو ڤێتنامیان ده‌كرد، وه‌ك ده‌ستنوس له‌ ناو هێزی پێشمه‌رگه‌ ده‌ستاوده‌ستیان پێ ده‌كراو ده‌خوێندرانه‌وه‌.

ساڵی ١٩٨٤ له‌ كاتی وتووێژی نێوان یه‌كێتیی نیشتمانیی كوردستان‌و حكومه‌تی عیراقدا، به‌سود وه‌رگرتن له‌و لێبوردنه‌ی كه‌حكومه‌تی عیراق ده‌ری كردبوو، گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ سلێمانی‌و له‌و روانگه‌یه‌وه‌ كه‌ خزمه‌تێكی رۆژنامه‌نوسیی زۆری هه‌یه‌ و ئه‌ندامی سه‌ندیكای رۆژنامه‌نوسانی عیراقیشه‌، بڕیاریدا خۆی خانه‌نشین بكا. له‌م قۆناغه‌ی ژیانیدا خه‌ریكی وه‌رگێڕان و چاپكردنی چه‌رده‌یه‌ك كتێبی گرنگ بوو كه‌ هه‌ندێكی له‌و كتێبانه‌ بون كه‌ له‌ سه‌رده‌می پێشمه‌رگایه‌تی‌و له‌ ماوه‌ی ژیانی له‌گوندی كانی كووزه‌ڵه‌ وه‌ری گێڕابونه‌ سه‌ر زمانی كوردی‌و بابه‌ته‌كانیان چانسی چاپكردنیان له‌ به‌غداهه‌بوو.


له‌٢٧ی حوزه‌یرانی ١٩٨٥ له‌ ڕێگای هه‌ولێر-كۆیه‌، له‌ نزیك دێگه‌ڵه‌، له‌ كاتی گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ سلێمانی، ئه‌و ئوتومبیله‌ی ئه‌وی تێدا بوو وه‌رگه‌ڕاو له‌م كاره‌ساته‌دا گیانی له‌ده‌ستدا. ته‌رمه‌كه‌ی له‌گۆڕستانی گوندی بیركۆت له‌ نزیك هه‌ولێر، به‌ته‌نیشت گۆڕی دایكییه‌وه‌، به‌ خاك سپێردرا.

له‌ پاش خۆی كۆمه‌ڵێك وه‌رگێڕدراوی به‌جێ هێشتووه‌ كه‌زۆربه‌ی له‌فارسییه‌وه‌ كراون به‌كوردی له‌وانه‌ «راپه‌ڕینی نیكاراگوا» (١٩٨٤)و «سپارتاكۆس: شۆڕشی كۆیله‌ راپه‌ریوه‌كان» (١٩٨٤)و «فه‌رهه‌نگی نوێ» (١٩٨٥).

بابه‌تی په‌یوه‌ندیدار:

*ده‌زگای چاپ و بڵاوكردنه‌وه‌.

## بورهان مسته‌فا مه‌عروف قه‌ره‌داغی*



پێشمه‌رگه‌و كادیری راگه‌یاندن. ناسراو به‌ فه‌رهاد. له‌دایكبوی ساڵی ١٩٥٤ی شاری سلێمانی. هه‌ر سێ قۆناغی خوێندنی له‌ سلێمانی ته‌واو كردووه‌. ساڵی ١٩٧٤ له‌ كۆلیجی ئه‌ده‌بیاتی به‌غدا وه‌رگیراو ساڵی ١٩٧٨ خوێندنی له‌وێ ته‌واو كرد.

ساڵ ١٩٧٦ له‌ سلێمانی په‌یوه‌ندیی به‌ ڕێكخستنه‌كانی كۆمه‌ڵه‌ی ره‌نجده‌رانی كوردستانه‌وه‌ كردو له‌گه‌ڵ هه‌ر یه‌ك له‌ سۆران سیوه‌یلی‌و ئاسۆ عه‌لی و حه‌مه‌ ره‌ئوف ئه‌حمه‌د كاكیی ناسراو به‌ هیواو فازل حه‌مه‌ ره‌ش فه‌ره‌ج و شه‌ریف ساڵح ئه‌مین و وریا حه‌مه‌ غه‌ریب و سامی جه‌مال محه‌مه‌د قه‌ره‌داغی‌و چه‌ند هه‌ڤاڵێكی تر له‌یه‌ك شانه‌ی سه‌ره‌كیدا رێك خرا. ساڵی ١٩٧٨، پاش ئه‌وه‌ی لێپرسراوی شانه‌كه‌، عه‌لی قادر شه‌ریف ناسراو به‌ دكتۆر عه‌لی جافه‌رانی، په‌یوه‌ندیی به‌ هێزی پێشمه‌رگه‌وه‌ كرد، بورهان لێپرسراوه‌تیی شانه‌كه‌ی گرته‌ ئه‌ستۆ. له‌م بواره‌دا كادیرێكی

هەڵسوڕاوی ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی بوو.

هەر ئەو ساڵە بۆ قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی کارەساتی هەکاری، سەرکردایەتیی کۆمەڵە داوای لە ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ناو شار کرد پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکەن. دوای ئەوەی کە ڕێکخراوی سلێمانی پەخشنامەیەکی لەم بارەیەوە بۆ ڕێکخستنەکان دابەزاند، ژمارەیەك ئەندام لەوانە بورهان ئامادەییان دەربڕی کە بچنە ناو هێزی پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٩ تیمێکی حەوت کەسی کە پێکهاتبوو لە بورهان، ئاسۆ عەلی، سالار عەبدوڵڵا، سامی جەمال، حەمە رەئوف ئەحمەد کاکی، سوار سیوەیلی، فازل حەمە رەش جافەرانی لەگوندی گاپیلۆن پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لەوێوە ئەندامانی تیمەکە رەوانەی ناوچەی سەرکردایەتی کران و لەوێ بەسەر بارەگاکاندا دابەش کران. بورهان نێردرایە بارەگای دەزگای راگەیاندنی یەکێتی لەزەڵێ.

لە دەزگای راگەیاندندا وەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» کاری کردو سەرباری ئەوەی کە چەند نوسینێکی تێدا بڵاوکردۆتەوە، وەك تایپیست بەشێکی بابەتەکانی ئەو بڵاوکراوەیەو رۆژنامەی «ڕێبازی نوێ»ی بە تایپی برازەر تایپ کردووە.

لە٩ی تەموز ١٩٨٠دا لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکانی عیراقدا، لەگوندی توژەڵە شەهید بوو. لەپاش خۆی، دوو بابەتی بە ناوی «یادێکی مەزن» و «شەهید» لە ژمارە ١٠ی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق»و چەند کۆپلەیەکیش لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی لە ژمارە ١٢دا بڵاوکرانەوە. بە یەکەم شەهیدی دەزگای راگەیاندنی یەکێتی دادەندرێ.

## بۆگد (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان یەکێ لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی هێزی پێشمەرگەو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لەگوندی بۆگد لە دەشتی کۆیە لە٨ی ئایاری ١٩٧٧. هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق کە لەفەوجێکی سەر بەلیوای ٤ی کەرکوك پێکهاتبوو، بە پاڵپشتی چەند تانك و هەلیکۆپتەرێکی جەنگی، پەلاماری گوندی بۆگدی دا. مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگە کە لەو کاتەدا لەگوندەکەدا بوو بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوە.

شەڕەکە چوار سەعاتی خایاندو هێزەکانی عیراق زیانی ٣١ کوژراوو برینداریان لێ کەوت. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی بە ناوی ئەحمەد عوسمان ئەحمەدو ئەبوبەکر رەسول حەمە عەزیزو برینداریێکی بە ناوی عەبدوڵڵا محەمەد عەزیز هەبوو.

ژیاننامەی شەهیدەکان:

*ئەحمەد عوسمان ئەحمەد: ناسراو بە ئەحمەدی حاجی وەسمان کانی تووی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٦ی گوندی کانی توی ناوچەی مەرگە لە ناحیەی بنگرد. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لەگوندەکەی خۆی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٧ بۆتە پێشمەرگەو پلەی سەرپەلی بەدەست هێناوە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٧٦دا یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە ناوچەی مەرگەو بارەگایەکی لەگوندی کان توو داناو ماوەیەکیش للە مەفرەزە سەرەتاییەکانی عەلی عەسکەریدا بووە پێشمەرگە.

لەو ماوەیەدا بەشداریی لەچەند شەڕێکدا کردوە لەوانە شەڕەکانی شارستێن، شیلانەو چیای ئاسۆس.

بۆ دروست کردنی فشار لەسەری، هێزە ئەمنییەکان باوکیو هاوسەرەکەی و منداڵەکانیان دەستگیر کردو بۆ پارێزگای سەماوە باشوری عیراقیان دورخستنەوەو تەنها پاش شەهیدبونی لە شەڕی بۆگد، ئازادیان کردن.

*ئەبوبەکر رەسول حەمە عەزیز: لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٤ی گوندی کانی تووی ناوچەی مەرگە. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لەگوندەکەی خۆی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردوەو لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی عەلی عەسکەریدا بۆتە پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا بەشداریی لە چەند شەڕێکدا کردوە لەوانە شەڕەکانی شارستێن و شیلانە.

هاوسەرو منداڵەکانی بە بڕیاری دەزگا ئەمنییەکان دەستگیر کران و بۆ پارێزگای سەماوە دور خرانەوەو تەنها پاش شەهیدبونی لە شەڕی بۆگد ئازاد کران.

## بەتالیۆن

گەورەترین یەکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی نێوان ١٩٨٩-١٩٩١. لە ساڵی ١٩٨٩دا سیستمی تیپەکان هەڵوەشێنرایەوەو دەست بەجێبەجێ کردنی سیستمی بەتالیۆنەکان کرا. سیستمی بەتالیۆنەکان پاش سیستمی هەرێمەکان و سیستمی تیپەکان سێیەم سیستمی پەیڕەوکراوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری هێزی پێشمەرگە. لە ماوەی نێوان ١٩٧٦-١٩٧٧دا هێزی پێشمەرگە بەپێی هیچ سیستمێکی دیاریکراو ڕێك نەخراو بوو. لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧ بەدواوە کار بە سیستمی هەرێمەکان کراو لەم سەروبەندەدا لە سەرەتادا هەشت هەرێم لە کوردستان پێك هێنران. لەبەهاری ساڵی ١٩٨٢ سیستمی هەرێمەکان هەڵوەشێنرایەوەو کار بەسیستمی تیپەکان کرا کە تێیدا هەرێمەکان بەسەر چەند تیپێکدا دابەش کران و تیپ جێی هەرێمی گرتەوە.

بەپێی سیستمی بەتالیۆنەکان کە نەوشیروان مستەفای جێگری سکرتێری گشتی ڕێکی خستووە، هەر بەتالیۆنێك لە سێ تیپ پێکدێ و دەستەیەکی ٣ کەسی بەڕێوەی دەبا کەبریتین لەفەرماندەی بەتالیۆنو جێگرەکەیو رابەری سیاسی. هەر تیپێکیش لە٣ کەرتو هەر کەرتێکیش لەدوو مەفرەزە پێکدێ. لەڕوی ژمارەی پێشمەرگەوە، هەر بەتالیۆنێك دەستەی بەڕێوەبردنی لێ دەرچێ، لە١٥٠ پێشمەرگە پێکدێو هەر تیپێك بە فەرماندەی تیپو جێگری فەرماندەوە لە ٥٠ پێشمەرگە، هەر کەرتێك بە فەرماندەی کەرتەوە لە١٦ پێشمەرگەو هەر مەفرەزەیەکیش بە فەرماندەی مەفرەزەوە لە٨ پێشمەرگە پێکدێ.

بەتالیۆنەکان بۆ پەرەپێدانی توانای پێشمەرگەکانیان چەند خوێندنگەیەکیان هەبووە کەخولیان تێدا کراوەتەوە لەوانە خوێندنگەکانی قاسمەڕەش، زەڵێ، بلەکێو توژەڵە. بەشێکی زۆری پێشمەرگەکان لە ئێران خولی عەسکەریی گرنگیان دی بوو لەوانە خولەکانی تارانو کرماشانو مازندەران و گەیلان غەرب.

بەتالیۆنەکان لەچەند بەشێك پێکهاتبون لەوانە بەشەکانی کارگێڕی، هەواڵگری، خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی، بێسیم، تەندروستی. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەتالیۆنەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لەڕزگارکردنی ناوچەکاندا بینی. بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی کارکردن بەسیستمی هەرێمو تیپەکان، ئەندازەی دیسپلین و ئاستی رۆشنبیریو زانیاریو توانای عەسکەریی بەتالیۆنەکان لەوەی هەرێم و تیپەکان بەرزتر و باشتر بوو.

# بەختیار جەبار عەلی شاوەیس



کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٨٠ی شارۆچکەی سەید سادق. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەییو کۆلیجی پزیشکی ڤێتێرنەریی زانکۆی سلێمانیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. پلەکانی ڕێکخستنی لە ئەندامی کەرتەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئەندامی کۆمیتەی (٢٠٠٥)و کارگێڕی کۆمیتە (٢٠٠٦)و ئەندامیو کارگێڕی مەڵبەند (٢٠٠٧-٢٠٠٨) پلە بەپلە بڕیوە.

ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی سەرپەرشتیی کۆنفرەنسی هاوبەشی زانکۆکانی هەرێم و باکورو ناوەڕاستی عیراقی کرد کەتایبەت بوو بەبابەتی گەنجی سەرکردەو لەم روەوە نوێنەرانی ٨ زانکۆ بەشدارییان تێدا کرد.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ دا لە ژمارە ٤٣وە تا ژمارە ٥١ ئەندامی خولی چوارەمی گۆڤاری «ڕێبازی نوێ» بووە کەگۆڤاری فیکری- سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

ساڵی ٢٠٠٩ بووە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و لەوێدا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی چەند ڕێکخراوێکی پێ سپێردرا لەوانە یەکێتیی فەرمانبەران، کۆمەڵەی کیمیاییو فیزیاییو کۆمەڵەی بەڵێندەرانی خۆراک.

ساڵی ٢٠١٠ بەشداریی لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو هەر لەم کۆنگرەیە بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠١١




هەندێ گۆڕانکاری بەسەر سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەندا هات و لەم چوارچێوەیەدا شاوەیس بە ٦١ دەنگ لەکۆی ٩١ دەنگ بەبڕیاردەری ئەنجومەن هەڵبژێردرا. هەروەها لە هەڵبژاردنێکی تردا کەساڵی ٢٠١٢ بەڕێوە چوو، بە ٥١ دەنگ لەکۆی ٨٩ دەنگ بۆ جاری دووەم بە بڕیاردەری ئەنجومەن هەڵبژێردرایەوە. ساڵی ٢٠١٤ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا، هەروەها لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨دا بۆ جاری دووەم بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردرایەوە.

لە بواری سیاسەت و رۆشنبیری و بوارەکانی پەیوەست بە ژیانی لاوان، چەندین نوسینی بە شێوەی وتارو نامیلکە هەیە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «گەنج و دەسەڵات» (٢٠٠٨).

## بەختیار خالید تاهیر*



کادیرو پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی بەختیار خالید تاهیر محەمەد. ناسراو بە دکتۆر بەختیار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی لە شاری سلێمانیو ناوەندیو ئامادەیی لە شاری کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٨ لە کۆلیجی پزیشکیی زانکۆی موسل وەرگیرا. ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ماوەی نێوان ١٩٧٢-١٩٧٤دا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی خوێندکارانی کۆمەڵەی لە زانکۆ موسل گرتە ئەستۆو توانی گەشەیەکی زۆریان پێ بدا. هەڵسوڕان و چالاکییەکانی، سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانیان راکێشاو لەم سەروبەندەدا دوو جار گیرا بەڵام هەردوو جار دەزگا ئەمنییەکان هیچیان لێ هەڵنەکراند.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی قۆناغی ئاشتیو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، لە کاتێکدا کە لە دوایین قۆناغی خوێندنی زانکۆدا بوو، وازی لە خوێندن هێناو وەك ئەرکێکی نەتەوەیی پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە سەر خوێندنو لە ساڵی ١٩٧٦دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیجی پزیشکیی زانکۆی موسل بەدەست هێناو تا ساڵی ١٩٧٨ کاری پزیشکیی کرد، سەرباری کارکردنی لەو ماوەیەدا وەك کادیرێکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هەرێمەکەدا کرد، هەم لە سنوری هەرێمەکەدا هەم لە ناو شاری سلێمانیدا. چەند رۆژێك پێش یەکەمین ساڵیادی شەهیدبونی شاسوار جەلال، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی هاوڕێی، شوان رەئوف نوری و ئاسۆی دەلاك، پلانیان دانا کە لەو ساڵیادەدا چالاکییەکی پێشمەرگانە لە ناو شاری سلێمانی ئەنجام بدەن. پێش ساڵیادەکە هەرسێکیان چونە ناو سلێمانی. ئامانجی پلانەکە پاکتاوکردنی نۆکەرێکی رژێمی بەعس بوو لەگەڕەکی ئیسکان. پلانەکە بۆ هەر یەکێکیان رۆڵێکی دیاریکراوی دیاری کرد. ئەرکی بەختیار ئەوە بوو کە پەلاماری نۆکەرەکە بداو بەدەمانچە تەقەی لێ بکا. ئەرکی دوو پێشمەرگەکەی تر ئەوە بوو کەهەر یەکێکیان لەسەر سوچی کۆڵانێك بوەستێ و چاودێریی رەوشەکە بکا. بەختیار لە نۆکەرەکە نزیك کەوتەوەو دەمانچەی لێ هەڵکێشا، بەڵام دەمانچەکە لەکار کەوت و تەقەی نەکرد. نۆکەرەکە هەلی لە کارکەوتنی دەمانچەکەی قۆستەوە، تەقەی لە بەختیار کر دو هەر لەو شوێنە شەهیدی کرد. پاش شەهید بوونی، لە ساڵی ١٩٨٠دا نەخۆشخانەیەک لە گوندی قوڵە هەرمێی ناوچەی قەڵادزی بە ناویەوە ناو نرا.

### پاشکۆ

### سەرگوزشتەی تێکۆشان و شەهیدبونی دکتۆر بەختیار (وتار)

### نوسینی: ئاوات کۆکەیی

خانەوادەی شەهید دکتۆر بەختیار یەکێك لە خانەوادە دەگمەنەکانی کوردستانە کە لە یەك کاتدا هەموو ئەندامانی خێزانیان لە کۆڕی تێکۆشاندا بون،

جا ئیدی لە ڕێکخستن و کاری نهێنیی ناو شارەکان یان لە شاخ و خەباتی ئاشکرای پێشمەرگایەتی بێ. هەر لەو ڕێگایەشدا دوو لە ئازیزترین کوڕەکانی ئەم ماڵە، شەهید کران و خوێنی پاکیان بوو بە خەنەی دەستی بووکی ئازادی.

ئەم ماڵە تێکۆشەرە ژیانێکی تەسەل و بێ کەموکوڕییان هەبوو، باوکیان ئەندازیار و کوڕەکانیشی خاوەن بڕوانامەی بەرز بوون، باپیریشیان خوێندەوارو ئەفسەری سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بووەو دواتریش یەکێك بووە لە تێکۆشەرە ناودارەکانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود. دکتۆر بەختیاری کوڕە گەورەی ئەم خێزانەش، دەرچووی زانکۆو پزیشك بوو، بەڵام ژیانی ئارام و خۆشگوزەرانییەکانی کردە قوربانیی گەلەکەی.

بەختیار خالید تاهیر لەدایکبوی ١٨ی ئایاری ١٩٥٠ی گەڕەکی گۆیژەی سلێمانییە. ساڵی ١٩٥٦ چۆتە خوێندنگەو قۆناغی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە. باوکی لە ساڵی ١٩٦١دا وەك بەڕێوەبەری ئەشغال گوازراوەتەوە بۆ کەرکوك. بەختیار قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووەو ساڵی ١٩٦٨ لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی موسل وەرگیراوە. بە هۆی بارودۆخی سیاسییەوە خوێندنی لە زانکۆ درێژەی کێشاوە. ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەو دوای نسکۆ گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆو لە ساڵی ١٩٧٦ خوێندنی تەواو کردووە.

لە تافی مێردمنداڵییەوە ئاشنای شیعر و دروشمی نەتەوەیی بووەو بە زوویی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی تێیدا دەرکەوتووە.

ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. کاتێك خوێندکاری زانکۆ بووە، لە موسل لە لایەن ئەمنی ئەو شارەوە بە گومانی چالاکیی کوردایەتی، لێپێچینەوەی لەگەڵدا کراوە.

ساڵی ١٩٧٦ ڕاستەوخۆ، دوای تەواوکردنی خوێندن، وەك پزیشك لە ناحیەی خەلەکان دامەزراوە، هاوکات لە نەخۆشخانەی سلێمانیش دەوامی کردووە.

لە سەردەمی ڕێکخستنە نهێنییەکاندا دکتۆر بەختیار چەندین کاری گرنگ و دەگمەنی ئەوتۆی ئەنجام داوە کە بە زۆر کەس نەکراوە. بۆ نمونە، پێشمەرگەیەك گرفتاری تەنگە نەفەسی ببوو. لە ساڵی ١٩٧٨دا دکتۆر بەختیار ڕێبواری برا بچوکی خۆی وەك نەخۆش بردە نەخۆشخانەو تەبەڵەی بۆ دروست کرد. دواتر چوو پێشمەرگە نەخۆشەکەی بردە نەخۆشخانەکەو بە ناوی براکەی خۆیەوە داخڵی کردو چارەسەری نەخۆشییەکەی کرد.

هەڤاڵ مەلا بەختیار و زۆرێك لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە ماڵی ئەوان پەنا دراون و بەشێکیشیان هەر لەوێوە کارئاسانیی چونە شاخیان بۆ کراوە، لەوانە شەهید شوان عەلی سەعید ناسراو بە شامیل.

هەموو ئەم کارانە لە سەردەمێکدا ئەنجام دراون کە ئەو تێیدا پزیشك و موچەخۆری حکومەت بووە. ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکی نەدابوە دەست دوژمن، بەڵام گومانێکی زۆری لەسەر دروست ببوو کە کاری سیاسی دەکات، بۆیە نۆکەرانی ڕژێم لە ناو نەخۆشخانە تەنگیان پێ هەڵچنی و گێچەڵێکی زۆریان بۆ نایەوە تا لە کەسایەتیی بدەن، دواتریش بۆ شاری دهۆك گوێزرایەوە. دوای چەند مانگێك، گوێزرایەوە بۆ سلێمانی بەڵام زۆریی کار و چالاکییەکانی کەڵکی ئەوەیان بۆ نەهێشتبۆوە کە لە ناو شار بمێنێتەوە، بۆیە لە١١ی کانونی یەکەمی ١٩٧٨ کامەرانی برا بچوکەکەی دەیباتە دەرەوەی شار. ئەویش لەوێوە ڕوو دەکاتە ناوچەی قەرەداغ و ئیدی دەبێتە پێشمەرگە.

شەهید بەختیار ئەگەرچی تەمەنی پێشمەرگایەتیی زۆر نەبوو بەڵکو تەنها دوو مانگ بوو، بەڵام وەك چۆن لە ڕێکخستنەکاندا چالاکی و کاری گرنگ

و سەخت و پڕ مەترسیی ئەنجام داوە، لە شاخیش بە هەمان روحیەتەوە ئیشی کردووەو زۆر مەبەستی بوو تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن و شۆڕش پەیامەکانی خۆی بگەیەنێ.

لەم چوارچێوەیەدا بەرنامەی دانا کە لە یەکەمین ساڵیادی شەهیدبونی شاسوار جەلال ناسراو بە ئارام، چالاکییەکی گرنگ لە ناو شاری سلێمانی ئەنجام بدات.

شەوی ٣٠/٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٧٩ دێتەوە ناو شاری سلێمانی. لە٣١ی کانونی دووەمدا کە رۆژی ئەنجامدانی کارەکە دەبێت، لە گەڕەکی ئیسکان روبەڕوی تاوانبارو نۆکەری رژێمی بەعس جەمال رینگۆ دەبێتەوە، بەڵام رێکەوت وا دەکات دەمانچەکەی لە کار بکەوێ و دەرەتانی دەربازبونیشی نەبێ، بۆیە هەر لەوێ شەهید دەکرێت و روداوەکە بە قازانجی دوژمن دەشکێتەوە.

بەیان خالید تاهیر، برای دکتۆر بەختیار، لە ١٤ی ئەیلولی ١٩٧٨ ببوو بە پێشمەرگە. هەر ئەو رۆژەی دکتۆر بەختیار تێیدا بوو بە پێشمەرگە، واتە لە١١ی کانونی یەکەمی ١٩٧٨، هەر ئەو رۆژە بەیان لە شەڕێکی سەختدا لە گوندی سێوسێنانی ناوچەی قەرەداغ، لە لایەن هێزەکانی عیراقەوە دەستگیر کرا. فەرماندەی هێزەکە لەسەر هاوکاریی خەڵك لەگەڵ پێشمەرگە تووڕە دەبێ، زڵلەیەك لە منداڵێکی گوندەکە دەداو بە دەنگی بەرز دەشیرێنێ «ئێرە خاکی عەرەب و عیراقە». بەیانیش کە زمانی عەرەبیی بە باشی دەزانی و تێدەگات ئەفسەرەکە چی دەڵێت، چاونەترسانەو بە دەستی بەستراوەوە هاوار دەکا «ئێرە خاکی کوردستانە، هی عەرەب نیە. تۆ ئەگەر ئازای، بچۆ لە فەلەستین شەڕ بکە».

ئیدی دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر، بەیان سواری هەلیکۆپتەر کراو لە ئاسمانەوە فڕێ درایە خوارەوە، تا ئێستا تەرمەکەی شوێنبزرە.

بەیانی برای بەم شێوەیە شەهید کرا. هەر یەك لە سامال و کاروان و رێبواریش لە کاتی جیا جیادا پێشمەرگە بون. کامەرانیش وەك ئەندامی رێکخستنە نهێنییەکان لە ناو شار دژی داگیرکەر کاری کردووە.

شەهید بەختیار بەر لەوەی کە ببێ بە پێشمەرگە، دەزگیراندار بوو. بەڵام وەك ئەوەی کە بە تەواوی دڵنیا بوو بێت لە شەهیدبونی، لە هەڵوێستێکی پڕ ئازارو جوامێریدا، بەر لەوەی بڕواتە دەرەوە، بە رێککەوتن لەگەڵ ماڵە خەزورانی، لە دەزگیرانەکەی جیا بۆوەو پێی گوتبوون «من هەر دەبمە پێشمەرگە. دڵنیاشم شەهید دەبم. جا با ئەم کچەش بە هۆی منەوە بەدبەخت نەبێ و ژیانی نەشێوێت».

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٧/٣/١٥).

## بەختیار عەسکەری*



پێشمەرگە و کادیر. ناوی تەواوی بەختیار محەمەد عەبدولڕەحمان عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵ.

لە بنەماڵەی شێخانی گوندی عەسکەرە لە ناوچەی قەڵاسێوکە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە. لە سۆنگەی هەلومەرجی سیاسییەوە، لە ساڵی ١٩٨٤دا ماڵیان گواستویەتیەوە بۆ سلێمانی و لەوێ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٩ لە کۆلیجی کارگێڕی و ئابوریی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە رێکخستنەکانی





یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دیار نیە، بەڵام ئەو هیچ لێپرسراوەتییەکی گەورەی لە ڕێکخستنندا نەبوە. ساڵی ١٩٨٤، لە کاتێکدا کە دانوستان و ئاگربڕ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا لە ئارادا بوو، خۆپیشاندانی خوێندکاران سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە. بەختیار لە کەرکوك، لە ئامادەیی سەورە، بۆ پشتیوانی کردن لە خۆپیشاندانەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەشداریی لە خۆپیشاندانەکاندا کردو لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا. بەڵام بە هەوڵ و تەقەللای عەلی حسێن حەسەن، ناسراو بە شوانەی تەنسیق، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لیژنەی ناوەندیی هەماهەنگیی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و حکومەتی عیراق لە کەرکوك، ئازاد کرا. دواتر ئەم ڕوداوە بووە هۆی بارکردنی ماڵیان و نیشتەجێ بونیان لە سلێمانی، هەروەك بووە هۆی دواکەوتنی لە خوێندن.

ساڵی ١٩٨٩ لە کۆلیجی کارگێڕی و ئابوریی زانکۆی بەغدا وەرگیرا. لەو ماوەیەی کە لە بەغدا بوو، لە پاڵ ئەوەی کە لە زانکۆ دەیخوێند، لە سەرتاشخانەیەك وەك سەرتاش کاری دەکرد.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە ڕاپەڕیندا کرد، دواتریش وەك پێشمەرگە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی کەرکوکدا کرد. لە کەرکوك ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا کە ببێ بە یاوەری سێ میدیاکاری بیانی بە ناوی گاد گرۆس، فرانك سمیس و ئالاین بوو کە بۆ ڕوماڵ کردنی ڕوداوەکانی ڕاپەڕینی کوردستان پاش جەنگی کوێت، خۆیان گەیاندبووە کوردستان و لەم سەروبەندەدا لە ڕەوتی گەڕان و بینیندا، ژمارەیەکی زۆر ڕاپۆرتیان بۆ ئاژانسەکانیان نوسی و ژمارەیەکی زۆری وێنەی ڕوداوەکانیشیان گرت. بەختیار لە کەرکوك داوای لێ کرا بوو یاوەری ئەو ڕۆژنامەنوسانە بێ، بەتایبەتی کە ئەو زمانی ئینگلیزیی بە باشی زانیوەو شارەزای دەوروبەری کەرکوکیش بووە.

لە جەنجاڵی پەرەسەندنی روداوەکاندا، پاش ئەوەی هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەر کەرکوکدا گرتەوە، بەختیار هەر فریای ئەوە کەوت کە سێ میدیاکارەکە بباتە کەلی سێکانیان لەسەر ڕێگای کەرکوك- هەولێر. لە ٢٥ی ئازاری ١٩٩١ دا سەربازەکانی عیراق گەیشتنە ئەو شوێنەی کە بەختیارو سێ میدیاکارەکە خۆیان تێدا حەشار دابوو، بەختیارو گاد گرۆسیان دایە بەر دەستڕێژی گوللەو هەردوکیان پێکەوە لەو شوێنە کوشت. دوو میدیاکارەکەی تریش هەر لەوێ دەستگیر کران.

ساڵی ١٩٩٤ لەسەر ئەرکی دایکی گاد گرۆس و بە سەرپەرشتیی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر دوو پەیکەر بە تەنیشت یەکەوە بۆ بەختیارو گاد گرۆس دروست کران و لە چوارڕیانی ئیسکان لە هەولێر دانران. ساڵی ١٩٩٦ دوای ئەوەی هێزەکانی عیراق و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان بەسەر هەولێردا گرت، پارتی دیموکراتی کوردستان پەیکەرەکەی بەختیاری روخاند.

گاد گرۆس: میدیاکاری وێنەگر. لە رۆمانیا لە باوکێکی رۆمانی و دایکێکی ئەڵمانی لەدایك بووە. لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا رۆمانیای بەجێ هێشتووەو لەگەڵ دایکی چۆتە ئەڵمانیاو لەوێ نیشتەجێ بووە. دەرچوی زانکۆی هارڤاردە لە ئەمریکا. بۆ گۆڤاری نیووز ویکی ئەمریکی کاری کردووە.

حکومەتی عیراق نکوڵی لەوە کردووە کە گاد گرۆس بە دەستی سەربازەکانی کوژراوە.

فرانك سمیس: میدیاکاری وێنەگەر. ئەمریکییە. بۆ دامەزراوەی ئێزگەی کەنەدا کاری کردووە. پیشەی، ئامادەکردنی راپۆرت بووە بە وێنەی فۆتۆگرافییەوە لەسەر ململانێ چەکدارەکان و لەم سەروبەندەدا لە وڵاتەکانی رواندا، کوبا، گواتیمالا، یوگەندا، ئەریتریا، ئیل سلڤادور، سودان، ئوردون و عیراق کاری کردووە.

ساڵی ٢٠١١ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ کەسوکاری بەختیار سەردانی ئەو شوێنەی کرد کە بەختیار و گاد گرۆس لە لایەن سەربازەکانی عیراقەوە دەستڕێژی گوللەیان لێ کرا بوو.

ئالاین بوو: میدیاکاری وێنەگەر. فەرەنسییە. لە ئاژانسی گاما لیشن فۆتۆ نیووز و ئاژانسی پاریس- باسید کاری کردووە.

## بەختیار محەمەد شەریف



پێشمەرگەو کادیری تەکنیکی راگەیاندن. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ی سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووەو دەرچووی ساڵی ١٩٨٠ی بەشی ژمێریاریی پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانییە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە توژەڵە وەك تایپیست کاری کرد. رۆڵێکی کارای لەتایپ کردنی بابەتەکانی هەموو گۆڤارو رۆژنامەکانی یەکێتی لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا هەیە، هەروەها بەشێکی زۆری بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانیشی تایپ کردووە.

یەکێ لەو کادیرانەی راگەیاندن بوو کە پێش دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفال، رەوانەی بارەگای یەدەکی دەزگای راگەیاندن کران لە دۆڵە کۆگە. لەوێش هەر بەردەوام بوو لەسەر کاری خۆی. لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا، دوو ژمارەی ڕێبازی

نوێ بەکوردی و شەرارە بە عەرەبی کە سەرتاپای تایبەت بوون بە ڕووداوەکانی ئەنفال، بە هەوڵ و تەقەللای ئەو و ڕێبوار سەعید لە شاری سەقز چاپ کران. پاش ئەوەی کە چاپخانە لە سەقز دانرا، بەردەوام بوو لەسەر کاری خۆی وەك کادیرێکی ڕاگەیاندن.

پاش گواستنەوەی بارەگای دەزگای ڕاگەیاندن لە سەقزەوە بۆ سلێمانی لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و دوا بەدوای دانانی بارەگای ڕاگەیاندن لە گەڵاڵە، لەوێ گیرسایەوەو سەرباری کاری تایپ کردن ئەرکی ئیداریشی گرتە ئەستۆ.

دوای گواستنەوەی بارەگای ڕاگەیاندن بۆ سلێمانی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢، تا ساڵی ١٩٩٥ لێپرسراوی ئیدارەو دارایی بوو. دوای ئەوە، گوێزرایەوە بۆ بارەگای ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و تا ساڵی ١٩٩٧ لەوێ مایەوە. دواتر گوێزرایەوە بۆ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان و لەوێ لێپرسراوەتیی دارایی گرتە ئەستۆ. لە مانگی ئەیلولی ١٩٩٩ ئیمتیازی گۆڤاری «تان تان»ی بەدەستهێنا کە گۆڤارێکی تایبەت بەگروپی تەمەنی ١٠-١٨ ساڵانە. ساڵی ٢٠١٢ خانەنشین کرا.

## بەڕانەتی (تیپ)

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی. مێژوی دامەزراندنی بۆ ساڵی ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە. پێشتر ناوچەی بەڕانەتی هێزێکی لێ بوو بە فەرماندەیی خولە عەزیز فەرحان کە لێپرسراوی قوەتی خۆشناوەتی بوو. بەم پێیە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢دا بەڕانەتی لە سنوری چالاکیی قوەتی خۆشناوەتیدا بوو.

لە سەروبەندی هەڵوەشاندنەوەی قوەتەکاندا بەگونجاو زانرا تیپێك لە ناوچەی بەڕانەتیی باکوری ڕۆژئاوای شاری هەولێر پێك بهێنرێ. سنوری تیپەکە جگە لەوەی کە هەموو بەڕانەتیی تا کەلەك گرتۆتەوە، سنوری پیرمامیشی گرتۆتەوە کەنزیکەی ٨٠ گوندو ئۆردوگایەکی زۆرملێی هەبوە، سەرباری بەشێکی ناوچەی شەمامكو گوندەکانی سەرکەند خەیلانی، ڕەنگە، زێبارۆك، گڕاو و بابەجیجکی سەر بە ناوچەی هەریر.

یەکەم فەرماندەی تیپەکە سمکۆ دزەییە. یەکێ لەگەورەترین ئۆپەراسیۆنەکانی کە تیپەکە لەو ماوەیەدا بەشداریی تێدا کردووە، ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی بێتواتەیە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣. هەر ئەو ساڵە تیپەکە بەهۆی کۆمەڵێك گیروگرفتەوە لەبەریەك هەڵوەشایەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤دا تیپەکە سەرلەنوێ دروست کرایەوەو شاخەوان عەباس کرایە فەرماندەی. تیپەکە پێنج کەرتی هەبوو و ژمارەی پێشمەرگەکانی لەو کاتەدا ١٧٠ پێشمەرگە بوو.

ساڵی ١٩٨٥ شاخەوان عەباس لێپرسراوەتیی ڕێکخراوی یەکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی گرتە ئەستۆ. لەم سەروبەندەدا فەرماندەیی تیپەکە بەتەحسین کاوانی سپێردراو لە ساڵی ١٩٨٨دا ئاسۆ مامەند ئیسماعیل کە جێگری فەرماندەی تیپەکە بوو، کرایە فەرماندەی تیپ.

تیپەکە سێ ڕابەری سیاسیی هەبوە کە ئەمانەن: فاروق هیرانی، شوکر کەرکوکیو حاجی مەسیفی، چەند فەرماندەی کەرتێکیشی هەبووە لەوانە سەردار سەعید سۆفی، نامیق سدیق کوڕێ، فوئاد هادی قادر ناسراوە بە فوئادە ڕەش، عومەر عەوێنە، ئەحمەد کوردە، عوسمان بانی مارانی، بورهان سەعید سۆفی، سلێمان عارەب ئیسماعیل ناسراو بە مەلا سلێمان، ڕەفعەت عەبدوڵلا پیرداوود ناسراو بە ڕێباز، عەلی مەسیفی، ئەحمەد جەمیل.

ساڵی ١٩٨٩ لە چوارچێوەی سیستمی بەتالیۆنەکاندا، ئەیوب یوسف سەعید کە پێشتر فەرماندەی کەرتی تیپ بوو لە تیپی ٩١ی سەفین، کرایە فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

## بەرتللە (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بەرانەتییە لەسەر رێگای سەرەکیی هەولێر- موسل لە نزیك شارۆچکەی بەرتللە کەنزیکەی دە کیلۆمەتر لە شاری موسلەوە دورە.

لە٢٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٦دا مەفرەزەیەکی تیپی ٨٥ی بەرانەتی لە نزیك شارۆچکەی بەرتللە بۆسەی دانا. ئۆتومبیلێکی برازیلی کەوتە بۆسەکەوەو نەوەستا، پێشمەرگەکان دایانە بەر ئاگری چەکەکانیانو نەیانهێشت دەرباز بێ. هەر پێنج سەرنشینەکەی ئوتومبیلەکە کوژرانو دەرکەوت هەر پێنجیان ئەفسەری سوپای عیراقن، یەکێکیان پلەکەی نەقیب بوو، چوارەکەی تر مولازمی یەکەم بون.

رێگای موسل- هەولێر بۆ هاتوچۆی سەربازو ئەفسەرانی سوپای عیراق بەرێگایەکی مەترسیدار نەدەژمێردراو رێگاکە روداوێکی وای بەخۆوە نەبینی بوو کە مایەی هەڕەشە بێ بۆ سەر گیانی سەربازو ئەفسەرەکان. بەڵام پاش چالاکییەکەی تیپی ٨٥ی بەرانەتی، هێزەکانی عیراق زۆرتر کەوتنە خۆ بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئاسایشی رێگاکەو ئەم رێگایەشیان خستە سنوری ناوچە مەترسیدارەکانەوە.

رێگای هەولێر- موسڵ تا نزیك شارۆچکەی بەرتللە لە سنوری چالاکیی تیپی ٨٥ی بەرانەتیدا بوو. ئەم چالاکییە لە ناو شاری موسل دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

## بەردەکەر (شەڕ)

شەڕێکی چوار سەعاتییە لە نێوان مەفرەزەکانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و ژمارەیەك جاش لەگوندی بەردەکەر لە شارەزوور لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨. هێرشەکەی پێشمەرگە بە بۆنەی یادی یەك ساڵەی شەهیدبوونی شاسوار جەلالەوە بوو. سوپای عیراق بە فڕۆکە هێزێکی بۆ یارمەتیی جاشەکان نارد. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ٤ جاش کوژران و ٣ جاشی دیکەش بریندار کران. لە هێزی پێشمەرگەش ٤ پێشمەرگە بریندار بوون کە برینەکانیان سووك بوو.


## بەردە کەشک (شەڕ)

شەڕێکە لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٧٨ لە نێوان دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٤ی جافەتی و هێزێکی سوپای عیراق کە بەرەو گوندی بەردەکەشك لەدوکان بەرێ کەوتبوو. پێشمەرگەکان رێیان لە هێزەکە گرت و لێیاندا. پاش شەڕێکی سەخت و دوای ئەوەی کە هێزەکە بێ ئومێد بوو لە توانای پێشڕەوی بەرەو بەردەکەشك، پاشەکشەی کرد بۆ سەربازگەی کانی توو. لەم پێکدادانەدا هێزەکەی سوپا دوو سەربازی لێ کوژراو ٤ی دیکەشی لێ زامدار بوو.

## بەرزان ئەحمەد کوردە



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی گەڕەکی چوارباخ لە سلێمانی. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ئەرکی سەرپەرشتی کردنی چاپەمەنییەکانی رێکخراوی سلێمانیی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨١ خوێندنی




ئامادەیی تەواو کردو پاش دوو ساڵ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تردا بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی لە ناو سلێمانی، هاتنە ناو شار و لە بۆسەیەکدا گیران. هەرسێکیان شەش مانگ لە بارەگای هەواڵگریی سوپای عیراق لە سلێمانی مانەوەو پاشان گوێزرانەوە بۆ کەرکوك. دوای زیاتر لەمانگێك لە دوو هاوڕێکەی جیا کرایەوەو گوێزرایەوە بۆ موسڵ. لەوێ هەلێکی راکردنی بۆ رەخساو لەدەست خۆی نەدا، خۆی گەیاندە هەولێرو دواتر بە هاوکاریی هەندێ لە خزم و کەسوکاری گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە جارێکی تر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

ساڵی ١٩٨٦ لە کیمیاباران کردنی گوندی زێوێ و دەوروبەری بریندار بوو. لە ژیانی پێشمەرگایەتییدا بەشداریی چەندین نەبەردی کردووە لەوانە چالاکییەکانی تیپی ٢٣ی سورداش، شەڕەکانی سەر جادەی دوکان- سلێمانی، گرتنی سەربازگەی حەسەن تەپە، شەڕەکانی قەیوان- ماوەت، داستانی رزگاری.

ساڵی ١٩٨٨ پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە سەقز گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ دەست پێکردنی راپەڕیندا گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ساڵی ١٩٩٣ بووە لێپرسراوی کۆمیتەی جوتیاران و ساڵی ١٩٩٦ لەهەڵبژاردنی مەڵبەندی یەکی سلێمانیدا یەکەم دەنگی هێناو بووە کارگێڕی مەڵبەند. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٩ی مەڵبەندی سلێمانیدا جارێکی تر هەڵبژێردرایەوە.

دوای کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١، بووە یاریدەدەری سکرتێری گشتیی یەکێتی بۆ کاروباری سیاسی و هۆشیاری. ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی مێژووی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەدەستهێنا. ساڵی ٢٠٠٥ کرایە نوێنەری سکرتێری گشتی لە مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی و بۆ ساڵی دواتر بە لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی ماجستێری لە مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا بەدەستهێنا.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و کرایە لێپرسراوی بەشی چاودێریی مەکتەبی رێکخستن. ساڵی ٢٠١١ کرایە لێپرسراوی بۆردی رێکخراوە ناحکومییەکان لە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی.

ساڵی ٢٠١٣ لێپرسراوێتیی مەڵبەندی ١٢ی رێکخستنی چەمچەماڵی پێ سپێردرا و تا ساڵی ٢٠١٨ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو. لە ئایاری ٢٠١٨دا گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان و کرایە بەرپرسی بۆردی لاوان و خوێندکاران و رێکخراوە ناحکومییەکان.

بەرهەمەکانی: «جولەکەکانی شاری سلێمانی» (٢٠٠٧)و «کوردو دەوڵەت» (٢٠١١).

## بەرزان عوسمان*



پێشمەرگەو شاعیرو هونەرمەندو ئەندامی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٥ ی شاری سلێمانی. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. زوو دەستی داوەتە نوسین و لە ناخەوە خولیای وێژەو هونەر بووە. هەندێ لە هۆنراوەکانی لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بڵاوکردۆتەوە لەوانە گۆڤارەکانی «بەیان» و «رۆژی کوردستان».

ساڵی ١٩٧٦ لە بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراوە. هەر لەو ماوەیەشدا کە خوێندکاری ئەکادیمیا بووە، پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی لە ئەکادیمیا تەواو کردووە و پاشان ماوەی دوو ساڵ بووە بە مامۆستا لە پێنجوێن و ئۆردوگای کارێزە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لە ١٨ ی تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا لە کاتێکدا کە بە ئیشوکار گەڕابۆوە بۆ ئۆردوگای کارێزە، ئەو ماڵەی ئەوی لێ بوو، لە لایەن هێزێکی گەورەی سوپای عیراقەوە گەمارۆ درا. خۆی بەدەستەوە نەدا، تا کۆتایی شەڕی کردو هەر لەو ماڵە شەهید کرا.

هەر ئەو رۆژەی ئەوی تێدا شەهید بوو، پێش ئەوەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان هەواڵی شەهیدبونی رابگەیەنێ، گۆرانییەکەی «ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش»ی محەمەد عەباس بەهرام لە ئێزگە پەخش کرا کە هۆنراوەکەی هی بەرزان عوسمانە. ئەم گۆرانییە




تاکە گۆرانییە کە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە بەرنامەکانیدا پەخشی کردووە.

لە شوباتی ١٩٨٣ دا گۆڤاری «نوسەری کوردستان» کە یەکێتیی نوسەرانی کوردستان دەری کردووە، لە ژمارە ٦ دا بەیاننامەی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانی سەبارەت بە شەهیدبونی بەرزان عوسمان بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو «نوسەرانی کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ بۆ هەموو لایەکی دەسەلمێنن کە نەک تەنیا وشە دەخەنە جەنگەوە، بەڵکو خۆیان بەر لە وشە دێنە سەنگەری شەرەفمەندی و چەکی پێشمەرگایەتی دەکەنە شان... ئەویش، وەك شەهیدان حسێن مەولود و جەمیل رەنجبەر، جارێکی تر بە خوێنی ئاڵ ئەم راستییەی رۆشن کردەوە».

ساڵی ١٩٨٤ عوسمان شەیدا یانزە هۆنراوەی بەرزان عوسمانی کۆکردەوەو لە دوتوێی نامیلکەیەکی ٤٠ لاپەڕەییدا وەك چواردەهەمین بەرهەمی چاپکراوی

یەکێتیی نوسەرانی کوردستان بە ناونیشانی «دایە شیعر قەدەغەیە» بڵاوی کردنەوە.

ساڵی ٢٠١٧ نەوزاد عەلی ئەحمەد جارێکی تر نامیلکەکەی لە سلێمانی بڵاوکردەوە و بابەکر دڕەیی پێشەکییەکی تێروتەسەلی بۆ نوسی، تێیدا هاتووە کە شەهیدبونی بەرزان لە ئۆردوگای کارێزە «گۆڕانکاریی لە زۆر شتدا جێ هێشت. خەڵکی ئۆردوگای کارێزەی ئێجگار تورە کردو لە ساڵانی دواتردا زۆر توند روبەڕوی دەسەڵاتی بەعس بونەوە. قوتابی و هاوڕێکانی بەرزان زۆریان رویان کردە کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کادیرێکی زۆر چالاك و مەیدانی و گەلی کوردیش شاعیرێکی هەست ناسك و کەم وێنەی لەدەستدا».

### پاشکۆ

### بەیاننامەی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان بە بۆنەی شەهیدبونی بەرزان عوسمانەوە

نوسەرانی کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ بۆ هەموو لایەکی دەسەلمێنن کە نەك تەنیا وشە دەخەنە جەنگەوە، بەڵکو خۆیان بەر لە وشە، دێنە سەنگەری شەرەفمەندی و چەکی پێشمەرگایەتی دەکەنە شان و بێ پەروا دژی رەگەزپەرستان و فاشیستان دەجەنگن.

بەرزان عوسمانی شاعیرو هونەرمەند، ئەندامی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان، پێشمەرگەی دلێری کورد، ئەویش، وەك شەهیدان حسێن مەولود و جەمیل رەنجبەر جارێکی تر بە خوێنی ئاڵ ئەم راستییەی رۆشن کردەوە.

رۆژی ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢ فاشیستەکانی بەغدا لە کارێزەی نزیکی شاری سلێمانی بە هێزێکی گەورەوە گەمارۆی بەرزانیان داو ویستیان بە زیندویی دەستگیری بکەن، بەڵام بەرزانی دلێر مۆڵەتی نەدان و چاپوکانە لێیان هاتە دەست و تا شەهیدبونی نەیهێشت بستێکی لێ بێنە پێشێ.

هەزاران سڵاو، سڵاوی نوسەرانی کوردستان، سڵاوی وشەی دلێری کوردی، سڵاوی شانازی، بۆ گیانی پاکی شەهیدی نەمرمان بەرزان.

یەکێتیی نوسەرانی کوردستان


سەرچاوە: گۆڤاری «نوسەری کوردستان» گۆڤاری یەکێتیی نوسەرانی کوردستان، ژمارە ٦، شوباتی ١٩٨٣، ل ١٠٣.

## بەرزان فەرەج عەبدوڵڵا



نوسەرو دیپلۆماتکار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی شاری سلێمانی. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووەو دەرچوی ساڵی ١٩٨٣ی بەشی زانستە سیاسییەکانی کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆی بەغدایە.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. بەڵام تەمەنی ئەندامێتیی لە ناو کۆمەڵەدا تەنها یەك ساڵ بووە چونکە ساڵی دواتر وازی لە کۆمەڵە هێناوەو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کردوە. لە ساڵانی کۆتایی ئەندامێتیی لە ناو پارتی کۆمۆنیستدا، وردە وردە باوەڕی بەکۆمۆنیزم کاڵ بۆوەو گەیشتە ئەو باوەڕەی کەکۆمۆنیزم ناتوانێ خۆی لەقاوغی بیروباوەڕی تۆتالیتاریزم دەرباز بکاو پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کارێکی سەخت و دژوارە. بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا، کاتێك وازی لە پارتی




کۆمۆنیست هێنا، لە ناخی خۆیدا دابڕانێکی تەواوی لەگەڵ هەموو بیروباوەڕە تۆتالیتارییەکاندا دروست کردبوو.

پێش راپەڕینی ۱۹۹۱ هەندێ رایەڵەی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دروست کرد بەڵام ئاستی پەیوەندییەکە نەگەیشتە رادەی بونی بە ئەندام لەڕێکخستنە نهێنییەکاندا. هەر ئەو ساڵە، پاش راپەڕین و لەکەشوهەوای ئازادییە گشتییەکاندا بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری «ئازادی» کەگۆڤارێکی رۆشنبیریی رەخنەیی سەربەخۆ بووە. دروشمی سەرەکیی گۆڤارەکە کەبریتی بووە لە «بەرەو دیموکراسی، بەرەو نوێخوازی، بەرەو دەسەڵاتی ئەقڵ» زۆر بەچڕی گوزارشت لەتێڕوانینو بۆچونی ئەو گروپە دەکا کەگۆڤارەکەی دەرکردووە.

ساڵی دواتر وەك راوێژکار لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» کاری کردو دواتر کرایە ئەندامی دەستەی نوسەرانو لێپرسراوەتیی بەشی لێکۆڵینەوەی پێ سپێردرا. ساڵی ۱۹۹۳ بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری «سبەی» کەگۆڤارێکی ئەدەبیو هونەرییەو سەرنوسەرەکەی ئازاد جندیانی بووە.

ساڵی ۱۹۹٤ کوردستانی بەجێ هێشت و لە سوریا گیرسایەوە. لەوێ وەك ئەندامی مەکتەبی دیمەشقی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کرد. ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ فەرەنساو وەك ئەندامی مەکتەبی پاریسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کردو هەر ئەو ساڵە لەگەڵ هەر یەك لە ئاراس فەتاح و بەختیار عەلی و رێبین ئەحمەد هەردی و فاروق رەفیق و مەریوان وریا قانع و جەمال عەبدوڵڵا بەشدار بوو لەدەرکردنی گۆڤارێکی نوێ بە ناوی «رەهەند» کەزادەی تێکهەڵکێش کردنی هەردوو گۆڤاری «ئازادی»و «یەکگرتن» بوو.

ماوەی ساڵانی ۱۹۹۹-۲۰۰۱ بەقۆناغێکی گرنگی ژیانی زانستیی دادەندرێ. لەو ماوەیەدا سێ بڕوانامەی دبلۆمی بەدەست هێناوە: یەکەمیان لە ساڵی ۱۹۹۹ لە بواری دارشتنی پرۆژەی کارو پلانی پیشەیی لە ئەنستیتوی پەیوەندیو راهێنان لە پاریس، دووەمیان لە ساڵی ۲۰۰۰ لە بواری ستراتیج و کاری رێکخراوەکان و سێیەمیان لە ساڵی ۲۰۰۱ لە بواری ئەرشیف و بەڵگەنامەدا لە ئەنستیتوی کاتۆلیك لە پاریس.

لە ماوەی نێوان ۱۹۹۹-۲۰۰۵دا لێپرسراوەتیی جێگری نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە فەرەنسا پێ سپێردرا. لە ساڵی ۲۰۰۵دا کرایە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیو لە هەمان کاتدا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی فەرەنسای یەکێتیی تا تشرینی یەکەمی ساڵی ۲۰۱۲ گرتە ئەستۆ. هەر لەو ماوەیەشدا سەرپەرشتیی نوێنەرایەتیی یەکێتیی کرد لە بەلژیك.

ماوەی دەستەبەکاربونی وەك ئەندام و جێگری لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکان لەفەرەنسا لە ڕوی

چالاکیی ڕاگەیاندنەوە بە ماوەیەکی دەوڵەمەند دادەندرێ کە تێیدا بڵاوکراوەی «هەواڵنامە»ی بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٩٨داو مانگنامەی «کاروباری کوردستان»ی بە هەردوو زمانی عەرەبی فەرەنسی لە ساڵی ٢٠٠٠و بڵاوکراوەی «کوردستان دی ئیراك»ی بە زمانی فەرەنسی لە ساڵی ٢٠٠١دا دەرکردووە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ئایا گۆڕانکاری لە عیراقدا دەبێت؟» (٢٠٠٣)، «پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا، مێژوو، کۆنگرەکان، پەیڕەوو پڕۆگرام» (٢٠١٢)، «حزب و پاراستنی چۆنایەتی»(٢٠١٣).

## بەرزان محەمەد قادر



پێشمەرگەو کادیری دەزگای بێسیم. ناسراو بە بەرزانی حەمەی مینا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی شاری کەلار. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەلارو ساڵی ١٩٧٨ ئامادەیی پیشەسازیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لەسەر ئاستی مەیدانیی ڕێکخستن لە کەلارو سلێمانی، ڕۆڵێکی گرنگی نواند. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ دەستپێکرد. لە ساڵی ١٩٨٢ پاش پێکهێنانی تیپەکان، لە سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان پێشمەرگایەتیی کرد، خۆی و کادیرێکی تر لێپرسراوەتیی دەزگای بێسیمی تیپەکەیان پێ سپێردرا کە جۆری ڤی ئێچ سیی مەودا کورت بوو. لە ڕێی ئەم دەزگای بێسیمەوە تیپەکە توانی پەیوەندی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و چەمی ڕەزان و شارباژێڕ پتەوتر بکات و لە ڕێی ئەوانیشەوە پەیوەندیی بە سەرکردایەتییەوە دەکرد.

بەم پێیە، ژیانی پێشمەرگایەتیی وەک کادیرێکی بێسیم بەسەر برد. لە ساڵی ١٩٨٨دا بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی دەزگای بێسیم لە قاسمە ڕەش کە بە سەرپەرشتیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوە چووە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بوو لە ئازادکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و بەشێکی ناوچەی گەرمیان. دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کرایە لێپرسراوی هۆبەی سیاسیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کەرکوك. دوا لێپرسراوەتیی، ئەندامەتیی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بوو. لە ٢٥ی ئازاری ساڵی ٢٠١٠دا بە هۆی جەڵتەیەکی کتوپڕەوە کۆچی دوایی کرد.

## بەرزنجە (تیپ)

تیپی ٣١ ی بەرزنجە. ساڵی ١٩٨٢پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان دامەزراوە. لە بەشێکی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ پێك هێنراوە. سنورێکی فراوانی هەبوو کە لە زۆر شوێن تێکهەڵکێشی سنوری تیپەکانی تر دەبوو. سنوری تیپەکە دەوروبەری سلێمانی و بەرزنجە و ناڵپارێزو پێنجوێن و بەشێکی ناوچەی شارباژێڕی گرتۆتەوە.

ناوەکەی لە شارۆچکەی بەرزنجەوە هاتووە کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوە و لە روی ئاینییەوە بە پیرۆز دادەندرێ چونکە گۆڕی شێخ عیساو شێخ موسا بەرزنجیی لە خۆ گرتووە کە ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر ئیمامی حەوتەمی شیعە موسای کازم.

تیپەکە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە. قۆناغی یەکەم

ماوەی ١٩٨٢-١٩٨٣ دەگرێتەوە کە تیپەکە تێیدا ناوی تیپی ٣١ ی بەرزنجەی هەڵگرتووە. قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٩٨٣ دەست پێ دەکاو تێیدا دەستکاریی ناوی تیپەکە کراوە، لە تیپی ٣١ ی بەرزنجەوە کراوەتە تیپی ٣١ ی پێنجوێن. هۆی گۆڕینی ناوی تیپەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوەکە لەگەڵ دیسپلینە ئیدارییەکاندا وێك نەدەهاتەوە، ئەویش لەو روانگەیەوە کە بەرزنجە ناحیەیەو پێنجوێن قەزایەو نابێ قەزا سەر بە ناحیە بێ. هەروەها لە پاساوەکانی گۆڕینی ناوەکەدا پشت بەوە بەستراوە کە سنوری پێنجوێن لە سنوری بەرزنجە فراوانترەو پێنجوێن لە بەرزنجە ناسراوترە. ئەوانەی ئەم پرسەیان وروژاندو پێشنیاری گۆڕینی ناوی تیپەکەیان کرد، زۆربەیان پێشمەرگە و کادیرە پێنجوێنییەکان بون. هەرچەند پاساوەکان لە راستییەوە دور نەبون، بەڵام لانی کەم بەشێکی پرسەکە پەیوەندیی بە ناوچەگەرێتییەوە هەیە. پێشنیارەکە جێی خۆی گرت و ناوی تیپەکە بە شێوەیەکی فەرمی لە تیپی ٣١ ی بەرزنجەوە بووە تیپی ٣١ ی پێنجوێن. لە سۆنگەی گۆڕینی ناوی تیپەکەوە هیچ گۆڕانێك بەسەر سنوری چالاکیی تیپەکەدا نەهات. تا ساڵی ١٩٨٥ تیپەکە بە ناوە تازەکەوە بەڕێوە چووە.

لە ساڵی ١٩٨٥ قۆناغی سێیەم دەست پێدەکاو تێیدا تیپەکە هەڵوەشێنرایەوەو لەگەڵ تیپی ٣٣ ی سلێمانی لێك درا. لە ئەنجامی تێکهەڵکێش کردنی هەردوو تیپدا، هێزی پێشمەرگەی تیپەکە خرایە سەر هێزی پێشمەرگەی تیپی ٣٣ ی سلێمانی و سنورەکەشی بووە بەشێکی سنوری ئەو تیپە، بەڵام لە بەرامبەردا ناوێکی هاوبەش لە ناوی هەردوو تیپە لێکدراوەکە داتاشرا بە جۆرێك کە ناوە تازەکە ئاماژەیەکی بۆ هەردوو تیپ تێدا بوو. بەمجۆرە، لە نێوان ژمارە ٣١ و ٣٣ دا ژمارە ٣٣ و لە نێوان ناوی بەرزنجەو سلێمانیدا ناوی سلێمانی هەڵبژێردراو ناوی تیپەکە بووە تیپی ٣١ ی سلێمانی.

تیپەکە لە قۆناغی یەکەمدا کە تێیدا ناوی تیپی ٣١ ی بەرزنجەی هەڵگرتووە سێ فەرماندەی هەیە. یەکەم فەرماندەی تیپەکە سەلاح چاوشینە کە ساڵی ١٩٨٢ فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردراوە. بەڵام هەر ئەو ساڵە، سەلاح چاوشین بۆ پیرەمەگرون گوێزرایەوەو کرایە فەرماندەی تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون. لەم سەروبەندەدا دانا ئەحمەد مەجید فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٣ دوا بە دوای شەهیدبونی فەرماندەی تیپی ٩٣ ی کۆسرەت، محەمەد مەحمود محەمەد باخ ناسراو بە شەماڵ، لە گوندی باداوانی چناران لە نزیك شارۆچکەی خەلەکان، دانا ئەحمەد مەجید گوێزرایەوە بۆ بەری دەشتی کۆیەو فەرماندەیی تیپی ٩٣ ی کۆسرەتی گرتە ئەستۆ.

لەو ماوەیەدا کە تێیدا هەر یەك لە سەلاح چاوشین و دانا ئەحمەد مەجید یەك لە دوای یەك فەرماندەی تیپەکە بون، جەمال محەمەد خواکەرەم جێگری فەرماندەی تیپەکە بووە، بۆیە پاش گواستنەوەی دانا ئەحمەد مەجید بۆ تیپی ٩٣ ی کۆسرەت، وەك سێیەم فەرماندەی تیپەکە فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا. لە سەردەمی ئەودا تیپەکە لە تیپی ٣١ ی بەرزنجەوە بووە تیپی ٣١ ی پێنجوێن.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پێنجوێن (تیپ).

*سلێمانی (تیپ).

## بەرگەڵوو (خولی پێشمەرگایەتی)

خولێکی عەسکەرییە بۆ فێربونی بەکارهێنانی هاوەنی ٦٠ ملم و ٨١ ملم و ١٢٠ ملم لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ لە بەرگەڵووی دۆڵی جافەتی. ئامانجی خولەکە راهێنانی هێزی پێشمەرگە بوو لەسەر بەکارهێنانی ئەم چەکە کە لەو کاتەدا لە شەڕەکاندا زۆر بەکاردەهات. پێش رێکخستنی ئەم

خوله، چەند خولێك بۆ پەرەپێدانی تیمی تۆپخانە لە دۆڵی جافەتی رێك خرابوو. جیاوازیی ئەم خولە لەگەڵ خولەکانی پێشتر لەوەدا بوو کەتایبەت بوو بەمەشق کردن لەسەر بەکارهێنانی جۆرەکانی هاوەن و بەشداربوانی خولەکەش لێپرسراوانی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بون لە ناو تیپەکان.

مامۆستای خولەکە یونس رەحیم محەمەد ناسراو بە حاجی یونسی تۆپخانە بوو. خولەکە ١٦ رۆژی خایاند، بەشداربوان تێیدا فێری چۆنێتیی خوێندنەوەی قومباس و شێوازی بەکارهێنانی هاوەن بون.

ژمارەی بەشداربوانی خولەکە نزیکەی بیست کادیر دەبوو لەوانە سەیفەددین عەلی ئەحمەد لە تیپی ١٩ی کۆڕەك، هۆشیار عەبدولکەریم لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، رێبوار ئیسماعیل عەبدوڵلا لە تیپی ٧٨ی کاروخ، باپیر لە تیپی ٩٣ی کۆیە، تەلعەت خدر سەیفەددین لە تیپی ١٢ی سۆران، دڵشاد خورشید لە تیپی ٩٩ی بیتوێن، خدر محەمەد ناسراو بە بێستون لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

## بەرگەڵوو (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگە پارتیزانەکانی رستی سورداشە لەیەکی شوباتی ساڵی ١٩٨٩ لەبەرگەڵوی دۆڵی جافەتی. پێشمەرگەکان چونە ناو بەرگەڵوو، بەپێی نەخشەیەکی رێکوپێك لە نێوان رەبیەی ناوپردانو رەبیەی نەخۆشخانەکە چەند مینێکیان چاندو دوای ئەوە لەیەك کاتدا هێرشیان کردە سەر هەردوو رەبیە. یەکێکیان هەر زوو بەسەر سەربازەکاندا روخاو لە قوڵی رەبیەکەی تردا تەقە تا سەعات ١٨ درێژەی کێشا.

لەم سەروبەندەدا هێزێکی سوپای عیراق لە مۆڵگەو رەبیەکانی تەشوێ تاش و چۆمی شێخ حوسێنیان بەهانای سەربازە گەمارۆدراوەکانەوە چوو. مینە چێنراوەکان یەك لەدوای یەك لەسەعات ١٨,٣٠ و ١٩,٥ و ١٩,٣٠ تەقینەوەو چەند کوژراوێکیان لە هێزەکە خست.

سەرجەم زیانی دوژمن کوژرانی ١٥ سەربازو برینداربونی ژمارەیەکی تر بوو. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو.

## بەرنامەی چارەسەری نیشتمانی بۆ قەیرانی حوکمڕانی

پرۆژەیەکە دکتۆر بەرهەم ساڵح جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئابی ٢٠١٥ دا بۆ چارەسەری قەیرانی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان پێشنیاری کردووە. بەڵام ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرۆژەکەی پەسند نەکرد، لە ئەنجامدا پرۆژەکە پەکی کەوت و هیچی لێ بەدی نەهات.

بنەڕەتی بابەتەکە بۆ ساڵی ٢٠١٣ دەگەڕێتەوە کە تێیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی حوزەیراندا رێککەوتنێکیان سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی بۆ دوو ساڵ واژۆکرد، لە بەرامبەردا دەبوایە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و پێداچونەوە بە دەقەکانیدا بکرێ بە چەشنێك کە سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان ببێ بە سیستەمێکی پەرلەمانی و سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمان هەڵببژێردرێ. لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کۆسرەت رەسول عەلی رێککەوتنەکەی واژۆکرد و لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نێچیرڤان بارزانی. لە ٣٠ ی حوزەیراندا پەرلەمان لە دانیشتنێکدا کە هەراو دەمەقاڵە و شەڕی لێ کەوتەوە، دەنگی بە پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی سەرۆکایەتیی

مەسعود بارزانی بۆ ماوەی دوو ساڵ دا. بەپێی یاساکە ماوەی درێژکراوە لە ٢٠ ی ئابی ٢٠١٥ کۆتایی دەهات و یاساکەش یارای درێژکردنەوەی نەبوو.

لە ماوەی دوو ساڵەکەدا کێشەی پرۆژەی دەستور چارەسەر نەکرا و پێش ٢٠ ی ئابی ٢٠١٥، لایەنە سیاسییەکان جموجوڵێکی سیاسیی چڕیان بۆ گەیشتن بە سازان دەست پێ کرد بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان توشی بۆشایی یاسایی نەبێ.

بۆچونی زاڵ لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوە بوو کە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی درێژکراوەی سەرۆکایەتی لە ٢٠ ئابی ٢٠١٥ و بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان توشی بۆشایی یاسایی نەبێ، پێویستە یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ی ناسراو بە یاسای سەرۆکایەتی بە جۆرێك هەموار بکرێتەوە کە سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمان هەڵبژێردرێ و دەسەڵاتەکانی بەپێی سیستمی پەرلەمانی کەم بکرێنەوە.

لەم سەروبەندەدا ژمارەیەك یاساناس و پەرلەمانتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رۆژانی ١٤- ١٧ ی حوزەیران سەرقاڵی دانانی پرۆژە یاسایەك بون بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥. لە ١٨ ی حوزەیراندا کۆپیی پرۆژەکە بۆ دوایین جار پێش پێشکەش کردنی بە مەکتەبی سیاسی، لە کۆبونەوەیەکدا کە لە بارەگای سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان لە گەڕەکی راپەڕین لە سلێمانی بەسترا، تاوتوێ کرا. کۆبونەوەکە بە ئامادەبونی فەرید ئەسەسەرد، گەشە دارا حەفید، تەلار لەتیف، گۆران ئازاد، دکتۆر یوسف گۆران و خامۆش عومەر بەڕێوە چوو. هەر ئەو رۆژە پرۆژەکە رادەستی مەکتەبی سیاسی کرا. لە ٢٠ ی حوزەیراندا پرۆژەکە بە شێوەیەکی فەرمی رادەستی پەرلەمان کرا. پێشتر، یەکگرتوی ئیسلامی و بزوتنەوەی گۆڕان هەر یەکەیان پرۆژە یاسایەکی دەربارەی هەمان بابەت دابوو بە پەرلەمان.

لە ٢٣ ی حوزەیراندا پەرلەمان بۆ تاوتوێ کردنی کێشەی سەرۆکایەتی کۆ بۆوە. پەرلەمانتارە ئاشورییەکان ئامادەی کۆبونەوەکە نەبون، پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی ئاراستەی سێیەم و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و تورکمانەکانیش هۆڵەکەیان بەجێ هێشت، بەڵام سەرەڕای ئەمە رێژەی یاسایی تێك نەچوو. زۆرینەی ٥٨ ئەندام ئامادەی کۆبونەوەکە بون. لە کۆبونەوەکەدا نوێنەرانی ئەمریکا، ئەڵمانیا، تورکیا، فەرەنسا، میسر، ئێران و نەتەوە یەکگرتووەکان وەك چاودێر ئامادە بون. هەروەها رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە ژمارەی ئەو رۆژەدا دەقی پرۆژە یاساکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بڵاو کردەوە.

هەر لەو ماوەیەدا سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان راپۆرتێکی سەبارەت بە کێشەی سەرۆکایەتی بە ناونیشانی «راپۆرتی شانەی تاوتوێ کردنی قەیران دەربارەی کێشەی سەرۆکایەتی» بڵاوکردەوە. لە ٩ ی تەموزدا راپۆرتەکە لە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاوکرایەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان دەیویست دوو ساڵی تر بۆ بارزانی درێژ بکرێتەوەو لە دانوستانەکانی لەگەڵ حزبە سەرەکییەکانی ناو پەرلەمان ئەم داوایەی خستە بەردەم حزبەکان، بەڵام هەوڵەکانی بە ناکامی مانەوە. رێك نەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان و هەڵکشانی ئاستی گرژی لە پەیوەندییەکانی دەستەبژێری سیاسی، ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی لەشەقام دروست کرد.

لەو دۆخە گرژەدا دکتۆر بەرهەم ساڵح پرۆژەکەی راگەیاند و تێیدا قۆناغێکی راگوزەری بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و کردنی سیستمی سیاسی بە سیستمێکی پەرلەمانی پێشنیار کرد. پرۆژەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح لەگەڵ ئەو پرۆژە یاسایەدا وێك نەدەهاتەوە کە فراکسیۆنی یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی پێشکەش بە پەرلەمانی کردبوو. ناوەڕۆکی پرۆژەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانی بوو بۆ ماوەی دوو ساڵی تر، لە کاتێکدا هەر سێ پرۆژە یاساکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوی ئیسلامی بە لای قۆناغی راگوزەردا نەدەچون و هەرسێکیان خوازیار بون پێش ٢٠ی ئابی ٢٠١٥ یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ناو پەرلەمان سەرۆکێکی تازە بۆ هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێ.

بەپێی ماددەی شانزەهەمی ئەو پرۆژە یاسایەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی پێشکەش بە پەرلەمانی کردبوو، پێشنیار کرا بوو لەگەڵ تەواوبونی ماوەی درێژکراوەی بارزانیدا، سەرۆکێکی تر «بۆ تەواوکردنی ئەو ماوەیەی کە لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان ماوە» هەڵبژێردرێ و بەپێی ماددەی پانزەهەمیش زۆربەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گوێزرا بونەوە. ئەمە نیشانی دەدا کە نەسازانێکی بنەڕەتی لە نێوان پرۆژە سیاسییەکەو پرۆژە یاساییەکەی یەکێتیدا هەبوو. لە کاتێکدا پرۆژە سیاسییەکە کاری بۆ هێشتنەوەی بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتیدا لە چوارچێوەی قۆناغی راگوزەردا تا ساڵی ٢٠١٧ دەکرد، پرۆژە یاساییەکە بانگەشەی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تر لە ساڵی ٢٠١٥ دا، بۆ تەواوکردنی خولە پەرلەمانییەکە، دەکرد.

پرۆژەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح خەریك بوو ئاسەواری خراپ لەسەر ئەو لێك نزیکبونەوەیە دروست بکات کە لەو ماوەیەدا لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان دا هاتبووە ئاراوە. سەرکردەکانی بزوتنەوەی گۆڕان زۆر لە پرۆژەکە نیگەران بوون و ئەو نیگەرانییەیان بە شێوەیەکی فەرمی گەیاندە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی. لە ١٠ی ئاب دا کۆبونەوەیەك لە نێوان هەردولا رێك خرا کە بابەتە سەرەکییەکەی تاوتوێ کردنی پرۆژەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح بوو. ئەوەی کە زۆر مایەی نیگەرانیی کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بوو، ئەوە بوو کە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی لە کۆبونەوەکەی لە کەرکوك بە زۆرینە دەنگی بە پرۆژەکە دابوو.

لە ١٢ی ئاب دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، بەتایبەتی بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی پرۆژەکە، بەسترا. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی رەخنەیان لە پرۆژەکە گرت و کەموکورتییەکانیان دەرخست. تەوژمی رەخنەکان ئەوەندە توندوتیژ بوو، ئەندامی مەکتەبی سیاسی عیماد ئەحمەد پێشنیاری بۆ دکتۆر بەرهەم ساڵح کرد پرۆژەکەی بکێشێتەوە، بەڵام دکتۆر بەرهەم ساڵح پێی باش بوو گفتوگۆکان بەردەوام بن، خۆیشی بەردەوام بوو لەسەر رونکردنەوەی تێڕوانینی خۆی. پاش چوار سەعات گفتوگۆو تاوتوێ کردن، پرۆژەکە بە زۆرینەی دەنگ رەت کرایەوە.

میدیاکان پرۆژەکەیان بە توندی دایە بەر تانەو تەشەر. لە ئینتەرنێتیش پرۆژەکە مشتومڕێکی زۆری نایەوە. دکتۆر بەرهەم ساڵح لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیسبوك وەڵامی رەخنەکانی دایەوەو وتی میدیاکان پرۆژەکەیان «شێواندووە»و وای لێ هاتووە کە پرۆژەکە «تێکهەڵکێشی کۆمەڵێك باس و هەواڵی بێ بنەمای تریش کراوە». هەروەها وتی «بە هەست کردن بە لێپرسراوەتی بەرامبەر بە گەل و بە هاوکاریی کۆمەڵێ هاوڕێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم پرۆژەیەم ئامادە کردووە» بەو نیازەی کە «بە هێمنی و دور لە موزایەدەکردن و چەواشەکاری» چارەسەر بدۆزرێتەوە.

هەرچەند ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرۆژەکەی ڕەت کردەوە، بەڵام پرۆژەکە هەندێ خاڵی باشی تێدا بوو. پرۆژەکە ئارەزوی چارەسەرێکی هەنوکەییو خێرای دەربڕی بوو، بەو مەبەستەی کە کێشەکە لێکەوتەی خراپی لێ نەکەوێتەوە و کوردستان لە قۆناغێکی پڕ گرژی و ململانێ دور بخرێتەوە.

پرۆژەکە بە شێوەیەکی گشتی پشت ئەستور بوو بە پێنج بنەمای سەرەکی. بنەمای یەکەم، پێشنیارکردنی قۆناغێکی راگوزەر بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا لایەنە سیاسییەکان لەسەر ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتەکان و شێوەی بەڕێوەبردن ڕێککەون. دووەم، ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتەکان لە نێوان سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران. سێیەم، پێکهێنانی ئەنجومەنێکی باڵا لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و جێگرەکانیان و نوێنەرانی لایەنە سەرەکییەکانی بەشداری حکومەت (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی) بۆ «بڕیاردان لەسەر پرسە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی». چوارەم، پێداچونەوە بە پێکهاتەی حکومەت و ئەنجامدانی چاکسازیی گشتی. پێنجەم، کارکردن بە سیستمی پەرلەمانی پاش دوو ساڵ و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمان.

سەرەڕای ئەم خاڵە باشانە، پرۆژەکە لە ستراکچەردا کەموکوڕیی گەورەی تێدا بوو. پرۆژەکە بە پێشەکییەکی دورو درێژ دەستی پێ کردبوو کە نیوەی زیاتری تێکستەکەی داگیر کردبوو و بە تۆنێکی یاسایی ڕون دانەڕێژرا بوو، بەڵکو بە زمانێکی وێژەیی نوسرا بوو و ئەندێشە و بزواندنی هەست بەسەریدا زاڵ بوو، لق و پۆی بۆ زۆر پرس و بابەتی نامۆ بە بابەتە سەرەکییەکە هاوێشتبوو، دەربڕین و ئاماژەکانی بە قەد ئەوەی کە پێویستە ڕۆشن نەبون و هەندێ جار لێکدانەوەی جیاوازیان هەڵدەگرت.

پرۆژەکە پێشنیاری قۆناغێکی راگوزەری تا ساڵی ٢٠١٧ کردبوو. ئەم خاڵە گرنگترین و هەستیارترین خاڵی پرۆژەکە بوو کە بووە هۆی ڕەتکردنەوەی تەواوی پرۆژەکە لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە. پێشنیارکردنی قۆناغی راگوزەر لە ناوەڕۆکدا بە مانای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانی دەهات. هەرچەند پرۆژەکە هەوڵی دابوو ئەم خاڵە بە پێشنیارکردنی چاکسازیو ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتەکان و پێکهێنانی ئەنجومەنێکی باڵا پەردەپۆش بکات، بەڵام نەیتوانی بوو مەبەستە سەرەکییەکە بشارێتەوە.

پرۆژەکە میکانیزمی ڕونی نەخستبوە بەردەست و ماوەکانی قۆناغبەندی نەکرد بوو، سەرباری ئەوەی کە پێشنیارەکان پێویستیان بە وردەکاریی زۆرتر بوو و مایەی وروژاندنی زۆر پرسیار بون کە هەندێکیان پرسیاری جەوهەری بون. پرۆژەکە جەختی کردبووە سەر ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان لە ماوەی دوو ساڵدا لەسەر هەموو پرسە سەرەکییە جێناکۆکەکانی وەك دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و شێوەی هەڵبژاردنی، سیستمی پەرلەمانی و یەکخستنی هێزە ئەمنییەکان ، لە کاتێکدا ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان گەرەنتی نەکرا بوو.

پرۆژەکە خوازیار بوو دوو ساڵی تر بۆ سەرۆکایەتیی بارزانی درێژ بکرێتەوە بەو مەرجەی کە «دەسەڵاتەکان لە نێوان سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەت ڕێك بخرێنەوە». ئەمەش بەم واتایە دەهات کە دەبێ بەشێکی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ حکومەت بگوێزرێنەوە، بەڵام پرۆژەکە قەوارەی دەسەڵاتە گوێزراوەکانی دیاری نەکردبوو. هەروەها هیچ گەرەنتییەك لە پرۆژەکەدا بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتەکان نەبوو، هەروەك هیچ شتێك گەرەنتیی ئەوەی نەدەکرد کە لە ساڵی ٢٠١٧ دا سیستمی پەرلەمانی لە

هەرێم پیادە دەکرێ. رونترین شت لە پڕۆژەکەدا، تەنها ڕەوایی بەخشین بوو بە درێژکردنەوەی سەرۆکایەتیی بارزانی بۆ ماوەی دوو ساڵ. ئەمەش لەگەڵ پرۆژە یاساکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لەمەوبەر پێشکەش بە پەرلەمان کرابوو، یەکی نەدەگرتەوە، چونکە پرۆژە یاساکە لە بنەڕەتدا پرنسیپی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی رەت دەکردەوە. جگە لەوە، پرۆژە سیاسییەکە دەیویست لە ساڵی ٢٠١٧ بە دواوە پەیڕەوی لە سیستمی پەرلەمانی بکرێ، لە کاتێکدا پرۆژە یاساکەی یەکێتی دەیویست لە ساڵی ٢٠١٥ سیستمی سیاسی بکرێ بە پەرلەمانی و سەرۆکێکی تازە بۆ کوردستان لە ناو پەرلەمان هەڵببژێردرێ.

پارتی دیموکراتی کوردستان پرۆژەکەی بە دەریچەیەکی گونجاو بۆ قەیرانی سەرۆکایەتی دادەنا، بەتایبەتی کە هەنگاوە کردەییەکانی جێبەجێ کردنی پرۆژەکە بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانی دەستیان پێ دەکرد. بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نەبوو کە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش بەدی هێنانی ئامانجی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بۆ دوو ساڵی تر، پابەند دەبێ بە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی تری پرۆژەکە. گومانێکی بەهێز لەم ڕووەوە لە ئارادا بوو. ئەو گومانە بە خۆڕایی نەبوو. یەکەم، لە یاساکەی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٣دا کە بەتایبەتی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی و گێڕانەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێم بۆ پەرلەمان و بەپەرلەمانی کردنی سیستمی سیاسی تەرخان کرابوو، تەنها بڕگە کە لە یاساکە جێبەجێ کرا، بڕگەی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بوو. بڕگەکەی تر کە تایبەت بوو بە گێڕانەوەی پرۆژەی دەستور بۆ پەرلەمان، پشت گوێ خرا بوو و هیچی لێ جێبەجێ نەکرا بوو. دووەم، پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کات ئارەزویەکی راستەقینەی بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمان دەرنەبڕی بوو. سێیەم، لەو پرۆژەیەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥دا لە دوایین کۆبونەوەی پێنج قۆڵی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی پێشکەشی کرد و تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە شێوەی هەمووارکردنەوەی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی تێدا جێگیر کردبوو، هیچ ئامادەییەکی بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتە بنچینەییەکانی سەرۆکی هەرێم و هەڵبژاردنی لە ناو پەرلەمان دەرنەبڕی بوو و سور بوو لەسەر ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم «سەرۆکی باڵای هەموو هێزە چەکدارەکانی هەرێمە» و لە «هەڵبژاردنێکی راستەوخۆ» هەڵدەبژێردرێ. بۆیە ئەگەری ئەوەی کە لە پرۆژەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح تەنها بڕگەی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی جێبەجێ بکرایە، ئەگەرێکی زۆر بەهێز بوو.

## پاشکۆی ژمارە ١

## دەقی دیکۆمێنتی چارەسەری نیشتمانی بۆ قەیرانی حوکمڕانی

لە سەردەمی گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتدا، لە ساتی دەرفەت و هەڕەشە بۆ کوردستان، لە کاتی چاوەڕوانیی ڕەوای خەڵك بۆ ژیانێکی ئاسودەو ئازاد، حوکمڕانیی کوردستان دوچاری کێشەی بنەڕەتی بۆتەوە. لە دوای ٢٤ ساڵ، سەرەڕای دەستکەوت و پێشکەوتنی گەورە، کۆمەڵێ کێشەی کەڵەکەبوی ساڵ دوای ساڵ و پاشماوەکانی شەڕی ناوخۆ، بونەتە هۆکاری قەیرانێکی سیاسی و قەیرانێکی ئابوریی سەخت و هەڕەشەی سەربازی و ئەمنیی چارەنوسساز کە بە کۆیان لە قەیرانی بنەڕەتیی سیستم و بڕیاری

حوکمڕانیی کوردستان چڕ بونەتەوە.

باری سیاسیی ئاڵۆزو ململانێی ژێر بە ژێری نێوان بە ناو هاوپەیمانەکانی حوکمڕان، تێڕوانینی ناکۆك لەسەر پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، چ دەربارەی عیراق، چ دەربارەی کوردی باکورو رۆژئاوا، چ پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران و تورکیا، پرسی مافی چارەی خۆنوسین، هەڕەشەی لەتکردنەوەی حکومەتی کوردستان و بگرە هەڕەشەی شەڕی ناوخۆش، مشتێکن لە خەرواری دەرهاویشتەکانی قەیرانی سیاسیی کوردستان.

لە بەرنامەو هیوای ئاوەدانی و گەشە سەندنی ئابوریی کوردستان و دڵنیایی وەبەرهێنان، وا ئێستا هاووڵاتییانی کوردستان کەوتونەتە گێژاوی دڵەڕاوکێی بون و نەبونی موچەو تارمایی مایەپوچیی کەرتی تایبەت و بانکەکان و راوەستانی بازاڕو کەسابەتی خەڵك ئاماژەی قەیرانێکی ئابوریی سەخت و مەترسیداری کوردستانە.

پێشمەرگە بە خۆبەخت کردن و ئازایەتی و بە پشتیوانیی هاوپەیمانان و ئێران و تا رادەیەك عیراق، جوامێرانەو قارەمانانە بەرگری لە کوردستان دەکەن لە روی هێرشی دڕندانەی داعش. تا ئێستا پێشمەرگە یەکگرتوو نیە، گیرۆدەی کێشەی شیرازەی فەرماندەییە. نەك هەر نەبۆتە هێزێکی نیشتمانی، بەڵکو فرە فەرماندەیی و کێشەی لوجستی و موچە قوڵتر بۆتەوە. بێگومان ئەم کێشانە بونەتە رێگر لەوەی کە پێشمەرگە سودمەند بێت بە شێوەیەکی گونجاوتر لە هاوکاریی نێودەوڵەتی.

ئەم قەیرانەی حوکمڕانی گشتگیر و بنەڕەتییە و بۆتە مایەی کێشەی رۆژانەی خەڵك و مەترسی بۆ خزمەتگوزاری و بژێویان و تارماییشە لەسەر پرسە نەتەوەییەکان. کوردستان بەمجۆرە بەرێوە ناچێت. بەردەوامبونی وەزعی ئێستا بەرەو هەڵدێرمان دەبات. بە رونی، بە کوردی و بە کورتی، بەردەوامبونی وەزعی ئێستا ناکرێ. بۆیە سیستمی ئێستای حوکمڕانیی کوردستان پێویستی بە پێداچونەوەو راستکردنەوە هەیە، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کە پرسەکانی دەستورو سەرۆکایەتیی هەرێم بونەتە باس و پرسی ئێستا.

ناکرێ بە سەفقەی ژێربەژێر و سەودا و معامەلە، برابەشکردن و پێداچونەوەی پشکەکان، پرسەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم و سیستمی حوکمڕانی بەرێ بکرێن. پەردەپۆش کردن و رایی کردن تا سەر نابێت و دادی بژێوی و کەسابەتی هاووڵاتییان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و زامن کردنی بەرنامەی ئازادیی کوردستان نادات.

بەرپرسیارێتیی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لە ئەستۆی پەرلەمان و هێزە سیاسییەکانە. چارەسەر بە رێککەوتنی سیاسیی و یاسایی دەبێت بۆ رەواندنەوەی قەیرانی بژێوی و ئابوریی هاووڵاتییان بۆ یەکخستنەوەی بەڕاستیی حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگەو ئاسایشی کوردستان، بە چەسپاندنی حکومەتی هاووڵاتی و رێزگرتن لە چەمکی دەستاودەست کردنی دەسەڵات. چارەسەر دەبێ نیشتمانی بێت. دور بێت لە ئاماژەو دەستەواژەکانی دوبەرەکی و تاڵاوەکانی شەڕی ناوخۆ. دەبێت هەر لەسەر بنەمای پاراستنی یەکڕیزیی گەل و یەکبونی حوکمڕانیی کوردستان بێت.

سەرۆك سەرۆکی نیشتمانەو رەمزی یەکبونی گەلە. دەستور چوارچێوەی پێکەوە ژیان و بەڕێوەبردنی جیاوازییەکان و حوکمڕانیی وڵات و زامنکردنی مافی هاووڵاتییە. ئەم پرسە بۆ تاکەکەس و حزب و لایەنێك نیە، بۆ زۆرینەیەکی ئاساییش دیاری ناکرێت، بۆیە پێویستە لەگەڵ هەموو جیاوازییەکان، ئەم قەیرانەی ئێستا بە ئاراستەی قەیرانێکی قوڵترو مەترسیدارتر نەبەین. پێویستە بە پەرۆشی بۆ گەل، بۆ ئایندەمان، ئەم پرۆسەیە بەم جیاوازییانەوە بەرەو چارەسەرێکی

نیشتمانیی ئاراستە بکەین و لە سایەی پەرلەمانەکەی خۆمان و بە ڕێککەوتنی هێزە سەرەکییەکان بسازێین لەسەر نەخشە ڕێگای دەربازبون لە قەیرانی ئەمڕۆی حوکمڕانیی کوردستان:

قۆناغی ڕاگوزەر (لە ئێستاوە بۆ کاتی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٧).

لە ئێستاوە تا کاتی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی کوردستان (دوو ساڵ تێپەڕ نەکات)، ڕێککەوتن لەسەر شێوازی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی حوکمڕانیی ئەمڕۆ، بەتایبەتی:

-پێشمەرگەو یەکخستنی هێزی پێشمەرگە.

-ئاسایشی نەتەوەیی و پەیوەندییەکان، بە تایبەتی پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا.

-چارەسەرکردنی باری ئابوری و بژێوی کۆمەڵانی خەڵك.

-چاکسازیی دەسەڵاتی دادوەری و پاراستنی سەربەخۆیی.

بۆ ئەم قۆناغە ڕاگوزەرە و زەمینەسازی و ئامادەکاریی پێویست بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی پەرلەمانیی دیموکرات لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٧:

١-تەخویلی دەسەڵات بە وەزیری پێشمەرگەو سەرۆکایەتیی ئەرکان بۆ ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو یەکخستنی لە دامەزراوەی نیشتمانی و جێبەجێ کردنی گۆڕانکارییە ئیداری و داراییی و عەسکەرییە پێویستەکان بۆ ئەم مەبەستە.

٢-تەخویلی دەسەڵات بە وەزیری ناوخۆ بۆ یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش لە دامەزراوەی نیشتمانی و جێبەجێ کردنی گۆڕانکارییە پێویستەکان.

٣-سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی لایەنە سەرەکییەکانی بەشداری حکومەت، ئەنجومەنێك بۆ ئەم قۆناغە ڕاگوزەرە پێکدێنن بۆ تاوتوێ کردن و بڕیاردان لەسەر پرسە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بەتایبەتی هەڵوێست سەبارەت بە مافی چارەی خۆنوسین و پەیوەندییەکان لەگەڵ عیراق، هەروەها لەگەڵ ئێران و تورکیاو پارچەکانی تری کوردستان.

ئەم ئەنجومەنە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری، کار بۆ پشتیوانیی پێویست لە دەسەڵاتی دادوەری و چەسپاندن و پاراستنی سەربەخۆیی ئەو دەسەڵاتە بکات.

٤-دامەزراندن و دەستبەکاربونی سندوقی داهاتە نەوتییەکان، دامەزراندنی کۆمپانیاکانی پشکنین و گەڕان و دۆزینەوەو بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەش کردن و فرۆشتن و هەناردەکردن بەپێی یاسای نەوت و گازی کوردستان و کۆکردنەوەی گشت داهاتەکان بەپێی یاساو کاراکردنی لیژنەی دەستپاکی و لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بۆ چاودێریی کۆکردنەوەو سەرف کردنی داهاتی نەوت.

٥-شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی ئیداری و داراییی بۆ پارێزگاکان و کاراکردنی لامەرکەزیەت.

٦-تەعدیلی وەزاری و پێداچونەوەی پێکهاتەی حکومەت و هەروەها پێداچونەوەی دامەزراوەکانی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هاوکاریی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابوری و زامن کردنی بژێوی خەڵك.

ئەم بەرنامەیە لە پەرلەمان پەسند بکرێت و پەرلەمان ئەرك و مافی بەدواداچون و بەسەرکردنەوەی جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی قۆناغی ڕاگوزەری هەبێت.

بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٧:

لە ئێستاوە ڕێککەوتن لەسەر پێداچونەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و دەستور و چەسپاندنی سیستمی

پەرلەمانیی دیموكرات و هەمواركردنەوەی دەسەڵاتەكان و هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لە ناو پەرلەمان و بە یاسا پێش ٢٠ ی ئاب لە پەرلەمان پەسند بكرێت.

## پاشكۆی ژمارە ٢
## پرۆژە یاسای هەمواری چوارەمی یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥
## (پرۆژەی فراكسیۆنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان)

ماددەی یەكەم

ماددەیەك بۆ یاساكە زیاد دەكرێت بە ناوی پێناسەكان.

١-هەرێم: هەرێمی كوردستان.

٢-سەرۆكی هەرێم: سەرۆكی هەرێمی كوردستان.

٣-دەستەی هەڵبژاردن: دەستەی هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم.

ماددەی دووەم:

ماددەی یەكەمی هەمواركراو لە یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموار دەكرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

هەرێمی كوردستان- عیراق سەرۆكێكی دەبێت بە سەرۆكی هەرێمی كوردستان- عیراق ناو دەبرێ كە نیشانەی یەكگرتوویی گەل و خاكی كوردستانە، نوێنەرایەتیی هەرێم لە ناوەندە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەكان و لە بۆنە فەرمی و گشتی و نیشتمانییەكاندا دەكات و ئەركی هەماهەنگیی نێوان دەسەڵاتە فیدرالییەكان و دەسەڵاتەكانی هەرێم دەگرێتە ئەستۆ.

ماددەی سێیەم:

ماددەی دووەمی یاساكە هەڵدەوەشێتەوەو ئەم ماددەیە شوێنگرەوەیەتی:

یەكەم: دەستەی هەڵبژاردن لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و ئەندامانی كوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێم پێكدێت.

دووەم: دەستەی دەنگدەران لە ناو پاڵێوراوەكاندا بە دەنگی ٣/٢ ی ژمارەی ئەندامانی، لە دەنگدانی نهێنیدا سەرۆكی هەرێم هەڵدەبژێرێت.

سێیەم: ئەگەر هیچ كام لە پاڵێوراوەكان دەنگی پێویستیان نەهێنا بەو شێوەیەی كە لە برگەی یەكەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەوا دوبارە هەڵبژاردن دەكرێتەوەو كێبركێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوەدا ئەنجام دەدرێت كە زۆرترین دەنگیان هێناوە. ئەو كەسەی لە دەنگدانی دووەمدا زۆرترین دەنگ دەهێنێت، دەبێت بە سەرۆكی هەرێم.

چوارەم: لە كاتی یەكسان بونی ژمارەی دەنگەكان لە هەڵبژاردنی دووەم، هەڵبژاردنی سێیەمی بۆ دەكرێت. ئەگەر هەر یەكسان بون، ئەوا هەڵبژاردنی چوارەمی بۆ دەكرێت بە مەرجێك ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانە لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە لە پازدە رۆژ تێپەر نەكات.

پێنجەم: ئەگەر بۆ پرۆسەی خۆپاڵاوتن تەنها یەك پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆكی هەرێم هەبوو، ئەوا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت. ئەو پاڵێوراوە بە سەركەوتوو دادەندرێت كە زۆرینەی ٣/٢ ی دەنگی ئەندامانی بەدەست هێناوە. ئەگەر ئەو رێژەیەی بەدەست نەهێنا، ئەوا دەستەی هەڵبژاردن لە كۆبونەوەكەی بەردەوام دەبێت و ئەو پاڵێوراوەش بە سەركەوتوو دادەندرێت كە زۆرینەی دەنگ لە هەڵبژاردنی دووەم بەدەست دەهێنێت.

ماددەی چوارەم:

ماددەی سێیەمی یاساكە هەڵدەوەشێتەوەو ئەم ماددەیە شوێنگرەوەی دەبێت:

یەكەم: ماوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێم بۆ چوار ساڵ دەبێت و تەنها بۆ یەك خولی تر دەتوانێت خۆی

بپاڵێوێتەوە.

دووەم: ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم لە ڕێکەوتی هەڵبژاردنی لە لایەن پەرلەمانەوە دەست پێ دەکات و بە کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان کۆتایی پێ دێت.

سێیەم: سەرۆکی هەرێم لە کارەکانی بەردەوام دەبێت تا دوای هەڵبژاردن و یەکەم دانیشتنی خولی نوێی هەڵبژاردنی پەرلەمان، بە جۆرێك کە سەرۆکی نوێی هەرێم لە ماوەی چل و پێنج ڕۆژ لە ڕێکەوتی یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمان هەڵببژێردرێت.

ماددەی پێنجەم:

ماددەی چوارەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی شەشەم:

ماددەی پێنجەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوەو ئەم ماددەیە شوێنگرەوەی دەبێت:

مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ سەرۆکی هەرێم:

١-هاووڵاتی و نیشتەجێی کوردستان- عیراق بێت.

٢-دەبێت شارەزاو خاوەن ئەزمون بێت لە بواری سیاسیدا.

٣-ئەگەر ڕەگەزنامەی وڵاتێکی تری هەبوو، دەبێ دەستبەرداری ڕەگەزنامەکە بێت.

٤-شیاویی تەواو بێت و تەمەنی لە ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

٥-لە گشت مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەهرەمەند بێت.

٦-بە تاوانی شەرەف حوکم نەدرا بێت.

٧-بەشدارو هاوکار نەبوو بێت لە هیچ پرۆسەیەك کە لە لایەن ڕژێمی بەعس و هێزە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە دژ بە خاك و خەڵکی کوردستان ئەنجام درا بێت.

٨-ئەگەر پاڵێوراو بۆ سەرۆکی هەرێم ئەندامی پەرلەمان نەبوو، دەبێ بتوانێت بە لایەنی کەم واژۆی پانزە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆ کاندیدکردنەکەی بەدەست بهێنێت.

ماددەی حەوتەم:

ماددەی شەشەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی هەشتەم:

ماددەی حەوتەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەم ماددەیە شوێنگرەوەیەتی:

یەکەم: خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم لە ماوەی حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە خولی یاسادانانی نوێیدا ڕادەگەیەنرێت.

دووەم: پشتگیریی ئەندامانی پەرلەمان لە پاڵێوراوی سەرۆکایەتیی هەرێم بە گوێرەی ئەو ئەنکێتە دەبێت کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان ئامادەی دەکات. ئەو ئەنکێتەش زانیاریی تایبەت بە کەسایەتیی پاڵێوراوو کەسایەتیی ئەو ئەندامەی پشتگیریی دەکات لە خۆ دەگرێت. دروستیی واژۆو زانیارییەکانی ناو ئەنکێتەکە بە ئاگاداریی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەبێت.

سێیەم: ئەو کەسانەی کە ئارەزوی خۆپاڵاوتنیان هەیە و مەرجەکانی ماددەی پێنجەمی ئەم یاسایەیان تێدایە، داواکارییەك پێشکەش بە پەرلەمان دەکەن، هاوپێچ بە بەڵگەنامە فەرمییەکان لە ماوەیەك کە لە ١٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕاگەیاندنی کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن.

چوارەم: ئەو بەڵگەنامە فەرمییانەی کە پاڵێوراو پێشکەشیان دەکات، بە ئەوراقی فەرمی دادەندرێن لە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای سزادانی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ ی عیراق.

پێنجەم: سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە ماوەی سێ ڕۆژ ناوی ئەو پاڵێوراوانە ڕادەگەیەنێت کە مەرجە یاساییەکانیان تێدایە.

شەشەم: هەر کەسێك ناوی لەو ڕاگەیاندنە نەبوو کە لە بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، مافی

ئەوەی هەیە کە لە ماوەی ٣ ڕۆژدا دوای ڕاگەیاندنەکە لە دادگای تەمییز بە داوایەکی نوسراو تانە تۆمار بکات.

حەوتەم: دادگا لە ماوەی ٣ ڕۆژ دوای تۆمارکردنی داواکە، بڕیار لەو داوایە دەدات کە بە گوێرەی بڕگەی شەشەمی ئەم ماددەیە پێشکەشی کراوە، بڕیارەکەش یەکلاکەرەوە و مولزیمە و لە ماوەی ٣ ڕۆژ پاش دەرکردنی بڕیارەکە، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

هەشتەم: سەرۆکایەتیی پەرلەمان ناوی ئەو پاڵێوراوانە رادەگەیەنێت کە دادگای تەمییز خۆپاڵاوتنیانی پەسند کردووە.

نۆیەم: پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ٤٥ ڕۆژ لە ڕێکەوتی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانەوە، سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرێت.

ماددەی نۆیەم:

ماددەی هەشتەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە.

یەکەم: سەرۆکی هەرێم لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژی سوێند خواردنییەوە، جێگرێك بۆ خۆی دەپاڵێوێت و لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی دەنگی لەسەر دەدرێت. جێگری سەرۆك لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکاندا یاریدەدەری سەرۆك دەبێت و لە کاتی ئامادەنەبونی سەرۆکیش جێگرەکەی بە دەسەڵاتی تەواوەوە جێگەی دەگرێتەوە.

دووەم: دەبێت جێگر هەمان ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لە ماددەی پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتون.

سێیەم: ماوەی ویلایەتی جێگری سەرۆکی هەرێم لە سوێند خواردنییەوە دەست پێ دەکات و بە هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ کۆتایی پێ دێت.

چوارەم: جێگری سەرۆکی هەرێم ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

١-ڕاپەڕاندنی ئەرك و فەرمان و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە کاتی چۆڵبونی پۆستی سەرۆکی هەرێم.

٢-ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی کە سەرۆکی هەرێم پێی دەسپێرێت.

٣-پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆکی هەرێم پێی دەدات.

پێنجەم: ئەگەر بە هەر هۆکارێك پۆستی جێگر چۆڵ بوو، سەرۆکی هەرێم لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ بە هەمان ڕێکاری بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، کەسێکی تر بۆ ئەو پۆستە دەپاڵێوێت.

ماددەی دەیەم:

ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: سەرۆکی هەرێم دوای هەڵبژاردنی و بەر لە دەستبەکاربونی، ئەم سوێندەی خوارەوە لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان دەخوات:

سوێند بە خوا کە پارێزگاری لە ماف و دەستکەوتەکان و یەکڕیزی و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییانی کوردستان- عیراق بکەم و ئەرك و فەرمانەکانم بە دروستی و دڵسۆزی ئەنجام بدەم.

دووەم: سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی تا کۆتایی ماوەی ویلایەتەکان واز لە کاری حزبی دەهێنن.

ماددەی یانزەهەم:

ماددەی نۆیەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی دوانزەهەم:

بڕگەکانی یەکەم، سێیەم، چوارەم، شەشەم، هەشتەم، دوانزەهەم، چواردەهەم، پانزەهەم، شانزەهەم، حەڤدەهەم و هەژدەهەمی ماددەی دەیەم هەموار دەکرێنەوەو بڕگەکانی پێنجەم، نۆیەم، دەیەم و یانزەهەمی هەمان مادده هەڵدەوەشێنەوەو بەم شێوەیەی خوارەوەیان لێ دێت:

یەکەم:
١-پێشنیارکردنی پڕۆژە یاساو بڕیاری تایبەت بە سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان.
٢-واژۆکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دەریان دەکات لە ماوەی ١٥ رۆژ لە رێکەوتی گەیشتنیان بە سەرۆکایەتیی هەرێم. سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لە هەموو یان هەندێك لە ناوەڕۆکی ئەو یاساو بڕیارانەی کە ئاراستەی کراون دەر ببڕێت و بیاننێرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ پێداچونەوەیان ئەویش، تەنها بۆ یەك جار. دواتر بڕیاری پەرلەمان لەسەریان بنبڕ دەبێت. ئەگەر سەرۆك لەو ماوەیە واژۆی یاساو بڕیارەکانی نەکردو نارەزاییشی لەسەریان نەبوو، ئەوا بە دەرچوو دادەندرێن و لە رۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێنەوە.
٢-ئەو مەرسوم و بڕیارە سەرۆکایەتییانەی لەو یاسایە هاتوون، دوای تێپەڕبونی پانزە رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکە بە دەرچوو دادەندرێن و ئەگەر سەرۆك لەو ماوەیە دەری نەچواند، پەرلەمان لە رۆژنامەی فەرمی بڵاویان دەکاتەوە.
سێیەم: لە ماوەی ١٥ رۆژدا لە رۆژی راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی گشتییەوە، مەرسومی بانگهێشت کردنی پەرلەمان بۆ کۆبونەوەی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی نوێ دەردەکات و ئەگەر ئەوەی نەکرد، پەرلەمان لە خۆیەوە، لە رۆژی دوای کۆتایی ماوەکە لە سەعات ١١ ی بەیانی کۆ دەبێتەوە.
چوارەم: لەو دۆخانەی خوارەوە، بە مەرسوم، پەرلەمانی کوردستان- عیراق هەڵدەوەشێتەوە:
١-پەرلەمان بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامەکانی، لەسەر داوای سێیەکی ئەندامەکانی یان لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بە رەزامەندیی سەرۆکی هەرێم هەڵدەوەشێتەوە.
٢-ئەگەر پەرلەمان لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە رێکەوتی بانگهێشت کردنی بۆ دانیشتنی پەرلەمان، رێژەی یاسایی تەواو نەکرد.
٣-ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لە کار کێشایەوە.
٤-ئەگەر لە ماوەی ٤٥ رۆژ لە بانگهێشت کردنی بۆ کۆبونەوەی خولی هەڵبژاردن، رێژەی یاسایی ئەندامان بە دەست نەهات.
٥-ئەگەر پەرلەمان لە سێ کابینەی وەزاریی جیاوازی یەك لە دوای یەکدا متمانەی بە ئەنجومەنی وەزیران نەدا.
٦-ئەگەر سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمان گۆڕاو خولی هەڵبژاردنیش شەش مانگ یان کەمتری مابوو.
٧-نابێت پەرلەمان لە ماوەی لێپرسینەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا هەڵبوەشێتەوە.
شەشەم: دەرکردنی لێبوردنی تایبەت لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی باڵای دادوەری، جگە لەو تاوانانەی خوارەوە:
١-ئەو تاوانانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمەوە هەیە.
٢-بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان.
٣-بازرگانی کردن بە داوو دەرمان و خۆراکی تێکچوو.
٤-بەرتیل و دزینی سامانی گشتی.
٥-ساختەکردنی دراوو بانکەنۆت.
٦-زینای مەحرەم.
٧-دەستدرێژیی سێکسی و نێربازی و هەتك کردنی ناموس.
٨-تاوانی کوشتن بە بیانوی ئابڕوو سڕینەوە.
٩-گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی.
حەوتەم:
١-جاڕدانی باری نائاسایی بەپێی یاسایەك دوای

ڕەزامەندیی دووسێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر داوای هاوبەشی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دۆخەکانی بەرەنگاربونەوەی مەترسیی هێرشی دەرەکی یان ڕودانی کارەساتی سروشتی یان بڵاوبونەوەی نەخۆشی، بۆ ماوەی تەنها ٣٠ ڕۆژ کە دەتوانرێت بە هەمان ڕێوشوێن نوێ بکرێتەوە.

٢-لە کاتی ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا، ئەنجومەنی باری نائاسایی لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و هەرێم و سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکدێ بۆ ئیدارەدانی کاروباری هەرێم لە ماوەی ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا.

٣-دەبێ ئەنجومەنی باری نائاسایی ئەو ڕێکارو ئەنجامانەی لە ماوەی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی گیراونەتە بەر، لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا لە ڕێکەوتی تەواوبونییەوە بخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەریان.

دوانزەهەم:

١-دوای دەستنیشان کردنی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، سەرەك وەزیرانی ڕاسپێردراو بە پێکهێنانی کابینەی حکومەت لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ کابینەی حکومەت پێشکەش بە پەرلەمان دەکات.

٢-ئەگەر پاڵێوراوی ڕاسپێردراوی یەکەم شکستی هێنا دوای دەستنیشان کردنی لە لایەن پەرلەمانەوە، کەسێکی تر ڕادەسپێردرێ کابینەی حکومەت لە ماوەی بیست ڕۆژ پێك بێنێ.

٣-ئەگەر پاڵێوراوی دووەمیش نەیتوانی لە ماوەی دیاریکراودا حکومەت پێك بێنێ، ئەوا کەسێکی تر دوای دەستنیشان کردنی لە لایەن پەرلەمانەوە، ڕادەسپێردرێ لە ماوەی بیست ڕۆژ کابینەی حکومەت پێك بێنێ.

سیانزەهەم:

مەرسومی قبوڵ کردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر دەردەچوێنێ و داواشیان لێ دەکا تا دەستبەکاربونی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری نوێ، بەردەوام بن لەسەر بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە.

چواردەهەم:

کاتێك پەرلەمانی کوردستان متمانە لە ئەنجومەنی وەزیران یان لە وەزیر وەردەگرێتەوە، سەرۆکی هەرێم مەرسومی قبوڵ کردنی لێسەندنەوەی متمانەیان دەردەچوێنێ و داواشیان لێ دەکا تا دەستبەکاربونی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری نوێ، بەردەوام بن لەسەر کارەکانیان بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە.

پانزەهەم:

دەرکردنی مەرسومی دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتەکانی حکومەتی هەرێم لەسەر پێشنیاری وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.

شازدەهەم:

دەرکردنی مەرسومی دامەزراندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی دوای پاڵاوتنیان لە لایەن ئەنجومەنی باڵای دادوەری و پەسندکردنی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

حەڤدەهەم:

دەرکردنی مەرسوم بۆ پێدانی پلەی سەربازی بە ئەفسەرانی هێزەکانی پێشمەرگەو ئەندامان و ئەفسەرانی ئەنجومەنی ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەرکردنیان و خانەنشین کردنیان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران.

هەژدەهەم:

دەرکردنی مەرسوم بۆ:

١-ڕێگەدان بە هاتنی هێزە چەکدارەکانی فیدرال بۆ ناو هەرێم لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران و ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان.

٢-ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران و ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان.

نۆزدەهەم (دوبارە):

بەخشینی نیشانەو مەدالیا بە مەرسومێك لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بە گوێرەی یاسا.

بیستەم:

دەرکردنی مەرسوم بۆ دامەزراندنی سەرۆك و ئەندامانی دەستەو کۆمیسیۆنە سەربەخۆکان دوای پەسندکردنی پاڵاوتنیان لە لایەن پەرلەمانەوە.

ماددەی سیانزەهەم:

ماددەی پانزەهەم هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: ئەگەر پۆستی سەرۆکی هەرێم لەبەر هەر هۆیەك چۆڵ بوو، جێگرەکەی جێگای دەگرێتەوەو ئەو ماوەیە تەواو دەکات کە لە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم ماوە.

دووەم: سەرۆکی نوێ لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ پاش سوێند خواردنی، کەسێك وەك جێگر دەپاڵێوێ و پەرلەمان بەو شێوەیەی کە لە ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەنگی لەسەر دەدا.

ماددەی چواردەهەم:

ماددەی شانزەهەم هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی هەرێم دوای تاوانبارکردنی لە لایەن زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمانەوە بەم تۆمەتانەی خوارەوە، لە پۆستەکەی دور دەخرێتەوە:

١-کارکردن بە پێچەوانەی سوێندی یاسایی.

٢-کارکردن بە پێچەوانەی دەقەکانی ئەم یاسایە.

٣-خیانەتی گەورە.

ماددەی پانزەهەم:

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان- عیراق دەبێت.

ماددەی شانزەهەم:

سەرۆکی هەرێم بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە، بۆ تەواوکردنی ئەو ماوەیەی کە لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان ماوە، هەڵدەبژێردرێت.

ماددەی حەڤدەهەم:

لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

ماددەی هەژدەهەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

هۆکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە:

بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکانی هەرێم و جێگیرکردنی سیستمی پەرلەمانیی تەواو، ئەم یاسایە دەرچوێندراوە.

## پاشکۆی ژمارە ٣
## ڕاپۆرتی شانەی تاوتوێ کردنی قەیران دەربارەی کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم

شانەی تاوتوێ کردنی قەیران کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان بۆ شیکردنەوەی ڕەوشی هەرێم و کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم و مەسەلەی سازان پێکی هێناوە، لە ڕۆژانی ٣و ٤ی تەموزی ٢٠١٥ کۆ بۆوەو بابەتەکەی تاوتوێ کردو دواتر ڕاپۆرتو ڕاو بۆچونی ڕاوێژکارانەی خۆی لەم بارەیەوە گەڵاڵە کرد.

### دەروازەیەکی تیۆریکی

سازان پرۆسەی گەیشتنە بە تێڕوانینی هاوبەش

سەبارەت بە بابەتێك یان چەند بابەتێکی جێی مشتومڕ لە ڕێی وتوویژو دایەلۆگەوە لە نێوان نوێنەرانی دوو لایەن یان زیاتر. لەم پرۆسەیەدا لایەنەکان بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە دەگەن بە تێکستێکی پەسندکراو کە لایەنەکانی کێشەکە بەشێکی گرنگی داواکانی خۆیانی تێدا بەدی دێنن. تێکستی سازان لەسەرکراو بە دیکۆمێنتێکی فەرمیی هاوبەش دەژمێردرێ و گوزارشت لە تێڕوانینێکی سیاسیی دیاریکراوو هاوبەش دەکات. ئەگەر ئەم دەقە روخسارێکی یاسایی وەرگرێ، بەهایەکی یاساییشی دەبێ. هەروەها ئەگەر بە شێوەی دیکۆمێنتێکی سیاسی دابڕێژرێ، پاش ئەوەی کە ڕادەگەیەنرێ دەشێ پابەندبونێکی سیاسی و ئەخلاقیی لێ بکەوێتەوە.

لێرەدا پێویستە سەرنج بە لای ئەوەدا رابکێشرێ کە گەیشتن بە چارەسەر لە ڕێی سازانەوە شتێکی حەتمی نیە، چونکە ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان نەگەن بە چارەسەری پەسند یان ئەگەر هەندێ لایەن بە تەمای بەدەست هێنانی مافی زۆرتر بن، دەشێ پرۆسەی سازان لە ڕەگو ریشەوە هەڵتەکێنرێ.

بۆیە، دژواریی گەیشتن بە تێڕوانینی هاوبەش و بونی بەرژەوەندیی ئاڵۆزو ناکۆك و جیاوازیی شێوەی بیرکردنەوە، دەشێ ببن بە مایەی پەیدابونی تەگەرەیەکی زۆر لە بەردەم پرۆسەی گەیشتن بەچارەسەر. ئەمەش ناکۆکی زیاد دەکاو ئاستی گرژی بە هەڵکشاوی دەهێڵێتەوە.

ئەمە بەم مانایە دێ کە گەیشتن بە چارەسەری پەسند لە ڕێی سازانەوە پرۆسەیەکی زۆر سەختەو ئەگەر لایەنە دانوستکارەکان مافی ڤیتۆ بدەن بە نوێنەرەکانیان، ئەوا دژواریی سازان زیاتر دەبێ. لە ڕوی کردارەکییەوە، مەرجی گەیشتن بە فۆرمێکی سازان لەسەرکراو ئەوەیە لایەنە دانوستکارەکان دەستبەرداری ئەو داوایانە بن کە زێدەڕۆییان پێوە دیارە، دەبێ نەرمییەکی زۆر بنوێنن و بە گیانی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتی بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانەکە کار بکەن. گومانی تێدا نیە کە ئەم کارە پێویستی بەئاستێکی باڵای هەست کردن بە لێپرسراوەتی هەیەو دەبێ تێیدا بەرەژەوەندیی گشتی بخرێتە سەروی بەرژەوەندیی تایبەتەوە. رونتر، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە سازاندا هیچ لایەنێك ناتوانێ تەواوی داواکانی خۆی بەدی بێنێ و هەموو لایەنەکان دەتوانن فۆرمێکیان چنگ کەوێ کە تێیدا هەر لایەنێك بەشێکی گونجاوی داواکانی خۆی بەدی دێنێ. بەم واتایە، گەیشتن بە سازان بە مانای چارەسەری کۆتایی و ریشەیی نیە، بەڵام چارەسەری بەدەستهاتوو لێی رادەبینرێ کە بتوانێ هەلومەرجێك بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکەو دابین کردنی هەلێك بۆ هاوکاریی لایەنەکان و دابەزاندنی ئاستی گرژیو هێنانە کایەی ژینگەیەکی لەبار بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە بێنێتە دی. هەرچەند لە ڕوی یاساییەوە، پرنسیپی سازان پشت بە ڕێسای یاسایی نابەستێو لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی سیاسی پێکدێنێ بەڵام ئەگەر فۆرمی سازان لەسەرکراو بە شێوەی دیکۆمێنتێکی یاساییو پەسندکراو لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە داڕێژرا، ئەوا دەتوانرێ دورایییەکی یاسایی پێ بدرێو لە دۆخێکی وادا فۆرمەکە تۆکمەترو بەهێزتر دەبێ.

## سازان لە هەرێمدا

چوار پرۆژە لە پەرلەمانی کوردستاندان کە سەرەڕای جیاوازیی نێوانیان هەر چواریان کۆکن لەسەر چەند خاڵێك کە گرنگترینیان ئەمانەن:

-گۆڕینی سیستمی سیاسیی هەرێم لە سیستمێکی نیمچە سەرۆکایەتییەوە بۆ سیستمێکی پەرلەمانی.

-هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمان.

-پرۆتۆکۆلی کردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم.

-بەهێزکردنی پێگەی پۆستی جێگری سەرۆك.

-ناساندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەك

سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی راپەڕاندن.

پارتی دیموکراتی کوردستان سەرباری ئەوەی کە ئەم خاڵانە رەت دەکاتەوە، داواکاریشە سەرۆکی ئێستای هەرێم لە پۆستی خۆی بمێنێتەوە، هەرچەند یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم نە رێی پێ دەدەن بۆ سێیەم جار هەڵبژێردرێتەوە نە ئەو دەرفەتەشی بۆ دەرەخسێنن کە ماوەکەی بۆ درێژ بکرێتەوە.

ئەگەر بڕیار درا لەم دۆخەدا هانا بۆ پرنسیپی سازان ببرێ بۆ دۆزینەوەی دەریچەیەکی گونجاو لەگەڵ یاساکاندا بۆ دەربازبون لە قەیرانەکە، دەشێ هانا بۆ یەکێ لەم پلانانە ببرێ.

پلانی A١:

گۆڕینی سیستمی سیاسی بۆ سیستمێکی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمان و رادەست کردنی دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی بە ئەنجومەنی وەزیران بەرامبەر بە پابەندبونی حزبەکان بە پێشکەش نەکردنی هیچ کاندیدێك بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و پشتگیری کردنی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەم پلانە پێویستی بە ئاستێکی باڵای هەماهەنگییە لە نێوان لایەنە سیاسییەکانداو لێی رادەبینرێ ببێ بە مایەی دەستەبەرکردنی دەرچونێکی شەرافەتمەندانە لە قەیرانەکە.

پلانی A٢:

گۆڕینی سیستمی سیاسی بۆ سیستمێکی پەرلەمانیی‌و رادەست کردنی دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی سەرۆکی هەرێم بە ئەنجومەنی وەزیران بەرامبەر بە هەڵبژاردنی سەرۆك بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە لایەن گەلەوەو پابەندبونی لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان بە پێشکەش نەکردنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

ئەم پلانە سیستمی پەرلەمانی دێنێتە دی و داواکەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆك لە دەرەوەی پەرلەمان جێبەجی دەکا. هەرچەند حزبەکان لە هەڵبژاردندا کاندیدیان نابێ بەڵام دەتوانن ئازاد بن لە دەنگدان بە هەر کاندیدێك. لەم پلانەدا دەسەڵاتی سەرۆك هەر بە پرۆتۆکۆلی دەمێنێتەوە.

پلانی A٣:

گۆڕینی سیستمی سیاسی بۆ سیستمێکی پەرلەمانیی‌و رادەست کردنی دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی سەرۆکی هەرێم بە ئەنجومەنی وەزیران بەرامبەر بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە لایەن گەلەوەو مافی حزبەکان لە پێشکەش کردنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

لەم پلانەدا سیستمەکە دەبێتە سیستمێکی پەرلەمانیی‌و سەرۆکی هەرێمیش وەك پارتی دیموکراتی کوردستان داوای دەکا، لە دەرەوەی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ. بەڵام ئەم پلانە رێ لەوە ناگرێ کە حزبەکان کاندید پێشکەش بکەن.

## گیروگرفتی ویلایەتی سێیەم

پارتی دیموکراتی کوردستان بە بیانوی «پێویستیی» هەرێم بە مانەوەی بارزانی لە دەسەڵاتدا، دەیەوێ سەرۆکەکەی لە دەسەڵات بهێڵێتەوە. ئاشکراشە کە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ ناسراو بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم تەنها رێ بەدوو ویلایەت دەدا. ماددەی ٣ی یاساکە دەڵێ «ویلایەتی سەرۆکی هەرێم چوار ساڵ دەبێ‌و دەکرێ بۆ ویلایەتێکی تر هەڵببژێردرێتەوە». بەپێی ئەم یاسایە، لە ساڵی ٢٠٠٥دا بارزانی بۆ ویلایەتی یەکەم هەڵبژێردرا. لە ساڵی ٢٠٠٩دا ویلایەتەکەی بەپێی بڕیاری ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٩ «تا سەرۆکێکی تازە بۆ هەرێم هەڵدەبژێردرێ‌و دەستبەکار دەبێ» بۆ ماوەیەکی کورت درێژ کرایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٩دا بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرایەوەو ئەم ویلایەتە کە ویلایەتی

دووەم بوو، لە ساڵی ٢٠١٣ دا کۆتایی هات. دواتر بەپێی یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ بۆ ماوەی دوو ساڵ ویلایەتەکەی بۆ درێژ کرایەوە. ماوەکەش لە ٢٠١٥/٨/١٩ کۆتایی دێت.

هەرچەند بارزانی بەپێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ ناتوانێ خۆی کاندید بکاتەوەو بەپێی یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ ماوەکەی جارێکی تر بۆ درێژ ناکرێتەوە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان سورە لەسەر مانەوەی لە دەسەڵات. ئەم سوربونە کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندیی نێوان حزبەکان بەجێ هێشتووەو دەشێ کاریگەریی لەسەر سەقامگیریی ناو هەرێمیش هەبێ. پلانی B هەندێ بۆچون لەم بارەیەوە پێشکەش بکا.

پلانی B١:

گۆڕینی سیستمی سیاسی بۆ سیستمێکی پەرلەمانیو هەڵبژاردنی بارزانی لە ناو پەرلەمان بۆ ویلایەتی سێیەمو رادەست کردنی دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی بە ئەنجومەنی وەزیران.

ئەم پلانە سیستمەکە دەکاتە سیستمێکی پەرلەمانیو داواکەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە مانەوەی سەرۆکەکەی لە دەسەڵات بەدی دێنێ.

تێڕوانینێکی رەخنەگرانە: هەرچەند ئەم پلانە دەریچەیەك بۆ دەربازبون لە قەیرانەکە دەدۆزێتەوە بەڵام هیچ رێزێکی بۆ یاساکان تێدا نیەو لە ناوەڕۆکدا بریتیە لە پرۆسەی بەکەسایەتی کردنی دەسەڵات و کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر ستراکچەری یاسایی هەرێم بەجێ دێڵێ.

سەرنج: ئەم پلانە پێویست بەوە دەکات بڕگەکانی تایبەت بە ژمارەی ویلایەتەکان و هاوزەمانیی خولەکانی هەڵبژاردنی سەرۆك و هەڵبژاردنی پەرلەمان هەموار بکرێنەوە.

پلانی B٢:

گۆڕینی سیستمی سیاسی بۆ سیستمێکی پەرلەمانیو هەڵبژاردنی بارزانی لە ناو پەرلەمان بۆ ماوەی دوو ساڵ و رادەست کردنی دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی بە ئەنجومەنی وەزیران.

ئەم پلانە هەلی پیادەکردنی سیستمی پەرلەمانی دەڕەخسێنێ و داوای پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هێشتنەوەی بارزانی لەدەسەڵات بەدی دێنێ. ئەم پلانە هاوزەمانیی هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی داهاتوو دەپارێزێ، بەڵام پێویستی بە یاسایەکی تایبەتە چونکە یاساکانی هەرێم رێ بە هەڵبژاردنی سەرۆك بۆ دوو ساڵ نادەن، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە خراپییەکانی ئەم پلانە لە خراپییەکانی پلانی B١ کەمتر نین.

سەرنج: لە هەردوو پلاندا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کە کێشەکە پاش ٤ ساڵ (پلانی B١) یان پاش دوو ساڵ (پلانی B٢) بە هەمان شێوە سەر هەڵناداتەوە.

## ئەگەری نەسازان

لەم هەلومەرجەی ئێستا هیچ ئاماژەیەکی رون و یەکلاکەرەوە لەسەر ئەوە نیە کە لایەنە سیاسییەکان دەگەن بە سازانێکی پەسندکراو. ئەگەر لایەنەکان نەیانتوانی بگەن بە سازان، هەرێم لە پاش تەواوبونی ماوەی درێژکردنەوەکە لە١٩ی ئاب پێ دەنێتە قۆناغی بۆشایی یاساییەوە. تەنانەت لە قۆناغی بۆشایی یاساییش دەرفەت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر هەیە بەڵام مەرج نیە ئەو چارەسەرە پشت بە بنەمای سازان ببەستێ، جگە لەوەی کە ڕەنگە شێوەی هەڵسوکەوتی لایەنە سیاسییەکان لەو قۆناغەدا لەگەڵ یەکتریدا هەندێ جار زبریەکی دیاریکراوی پێوە دیار بێ. بۆیە پلانەکانی ئەم قۆناغە لە پلانەکانی قۆناغی پێشوو جیاوازتر دەبن.

پلانی C١:

هەلومەرجی قۆناغی بۆشایی یاسایی لەبەرچاو دەگیرێت. سەرۆکی هەرێم وەك کاربەڕێکەر لە پۆستەکەی دەمێنێتەوە تا سەرۆکێکی تر هەڵدەبژێردرێ بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی تەنفیزیی نابێ. بۆشایی یاسایی کار ناکاتە سەر ڕەوتی بەڕێوەچونی کاروباری حکومەت. پەرلەمان وەك دامەزراوەیەکی یاسادانەرو چاودێر بەردەوام دەبێ لەسەر کارەکانی خۆی. پەرلەمان بەپێی ڕێکارە یاساییەکان، پڕۆژەی یاساو بڕیارەکان بۆ سەرۆکی هەرێم دەنێرێ. دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم سەبارەت بە پەسەندکردنی یاساو بڕیارەکان و گێڕانەوەیان بۆ پەرلەمان یان واژۆنەکردنیان وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

پلانی C٢:

سەرۆکی هەرێم وەك کاربەڕێکەر لە پۆستەکەی دەمێنێتەوەو هیچ دەسەڵاتێکی تەنفیزیی نابێ بەڵام لە هەمان کاتدا تا هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٧ هیچ سەرۆکێك هەڵنابژێردرێ.

پلانی C٣:

ئەگەر سەرۆکی هەرێم وازی لە پۆستەکەی وەك کاربەڕێکەر هێناو ئەو ئەرکانەی جێبەجێ نەکرد کە لە ئەستۆی دایە، پۆستەکە بە چۆڵ دەژمێردرێ‌و سەرۆکی پەرلەمان تا هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تر ئەرکەکە دەگرێتە ئەستۆ.

پلانی C٤:

هەمووارکردنەوەی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥و گۆڕینی سیستمەکە بۆ سیستمێکی پەرلەمانی، هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ هەرێم لە ناو پەرلەمان بۆ ماوەی دوو ساڵ و رادەست کردنی دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی سەرۆکی هەرێم بە ئەنجومەنی وەزیران.

لقی ١: دەشێ سەرۆکی نوێی هەڵبژێردراوی هەرێم بە سازانی نێوان حزبەکان یان هەندێکیان یان لە نێو کاندیدی حزبەکان هەڵببژێردرێ.

لقی ٢: دەشێ سەرۆکی نوێی هەڵبژێردراوی هەرێم سەر بە هیچ حزبێك نەبێ و حزبەکان لە نێوان خۆیاندا لەسەر کاندیدکردنی کەسێکی بێلایەن ڕێك بکەون.

پلانی C٥:

هەڵوەشاندنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێم و رادەست کردنی هەموو دەسەڵاتەکانی بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

کۆبەند

١-شانەی تاوتوێ کردنی قەیران پێی باشە هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە سازان سەبارەت بە مەسەلە کێشە لەسەرەکان بەردەوام بن.

٢-هەر سازانێك کە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا دێتە دی، باشتر وایە پێش قۆناغی بۆشایی یاسایی بێتە دی. هەرچەند تەنانەت لە قۆناغی بۆشایی یاساییش ئەگەری گەیشتن بە سازان لەئارادایە، بەڵام کۆنترۆڵکردنی ئەو کەش و هەوایەی کە لە قۆناغی بۆشایی یاساییدا لە ئارادا دەبێ، ڕەنج و ماندوبونێکی زۆری دەوێ.

٣-شانەی تاوتوێ کردنی قەیران پشتگیریی پلانی A١ دەکا کە بە هۆیەوە سیستمی سیاسی دەبێتە سیستمێکی پەرلەمانی، سەرۆك لە ناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ‌و دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی رادەستی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن.

٤-ئەگەر قەیرانەکە گەیشتە ئەو رادەیەی کە هەرێم چووە ناو قۆناغی بۆشایی یاساییەوە، شانەی تاوتوێ کردنی قەیران لقی ٢ی پلانی C٤ی پێ باشەو ئەگەر قەیرانەکانی پەیوەست بەم مەسەلەیە هەر درێژەیان کێشا، دەشێ هانا بۆ پلانی C٥ ببرێ و پۆستی سەرۆکی هەرێم لە سیستمی سیاسی نەهێڵدرێ.

تێبینی: راپۆرتەکە فەرید ئەسەسەرد نوسیویەتی
سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٥/٧/٩).

# بەرهەم ساڵح



جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (۲۰۰۹ - ۲۰۱۱) وسەرۆکی کۆماری عیراق. ناوی تەواوی بەرهەم ئەحمەد ساڵح. لەدایکبووی ساڵی ۱۹۶۰ی گەڕەکی بەرخانەقای شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی لەشەقلاوە دەست پێکردو لە سلێمانی تەواوی کرد. خوێندنی ناوەندی و ئامادەییشی هەر لە سلێمانی تەواو کرد.

ساڵی ۱۹۷٤ پاش هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، باوکی، ئەحمەد ساڵح کە لە سلێمانی دادوەر بوو، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو کرایە ئەندامی دادگای تێهەڵچونەوە لە حاجی ئۆمەران. دوا بەدوای ئەمە، هەموو خێزانەکەی پەیوەندییان پێوە کردو تا ساڵی دواتر لەوێ مانەوە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷٥دا باوکی بە خێزانەوە رووی کردە ئێران، ماوەیەك لە شاری نەغەدە مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ عیراق و هەر ئەو ساڵە بۆ شاری سەماوە لەباشووری عیراق دوور خرایەوە، بەڵام خێزانەکەی لە سلێمانی مایەوە.

لە ساڵی ۱۹۷٦دا پەیوەندیی بە ڕێکخراوێکی چەپی بچوکەوە کرد بە ناوی ڕێکخراوی ئازادیخوازانی کوردستانەوەو تێیدا لێپرساوەتیی ڕاگەیاندنی گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیەدا بە هاوکاریی کاوە حەمە ساڵح یار ئەحمەد چوار ژمارەی لە گۆڤاری «دوارِۆژ» دەرکردووە. لە کۆتایی هەمان ساڵدا ڕێکخراوەکە خۆی هەڵوەشاندەوەو چووە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە. لە ئاکامی یەکگرتنەوەکەدا بەرهەم ساڵح بووە ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. هەڵسوڕانی ناو کۆمەڵەدا سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی راکێشا، بۆیە لە شوباتی ۱۹۷۹ گیراو رەوانەی کەرکوك کرا. لەوێ خرایە ژێر لێکۆڵینەوەو زۆر ئەشکەنجە درا. بەڵام هیچی لەسەر ساغ نەبۆوەو لەو سۆنگەیەوە ئازاد کرا. هەر ئەو ساڵە خوێندنی ئامادەیی تەواو کردو رووی کردە بریتانیا بۆ خوێندن.

لەوێ لە زانکۆی کاردف وەرگیراو دەستی بەخوێندنی ئەندازیاری مەدەنی کردو پلەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا. پاشان چوار ساڵی تر ئامار و کۆمپیوتەری لە زانکۆی لیڤەرپول خوێند و هەر لەو زانکۆیە بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێنا. دواتر، وەك راوێژکار لەگروپی کۆمپانیاکانی بریتانیا لە بواری کۆمپیوتەردا کاری کرد و پاشان لەکۆمپانیایەکی گەورەی قۆنتەرات لە بواری ڕێوبان کاری کرد.

لەو ماوەیەدا لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ عومەر شێخموس کە لێپرساوی مەکتەبەکە بوو، کاری کردو ساڵی ۱۹۸۳ بە ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنەکانی ئەورووپای یەکێتی هەڵبژێردرا. پاش وازهێنانی عومەر شێخموس، لێپرساوەتیی پەیوەندییەکانی دەرەوەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ۱۹۹۱ توانی پەیوەندییەکانی نێوان واشنتۆن و یەکێتیی نیشتمانی پەرە پێ بداو دواتر کرایە نوێنەری یەکێتی لە واشنتۆن.

ساڵی ۱۹۹۲ لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هەردوو باڵی کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی تێدا تێکەڵاو کرا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و



دواتر کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لەو ماوەیەدا کەوتە کارکردن بۆ دەرکردنی گۆڤارێك بۆ ناساندنی سیاسەتی نێودەوڵەتان لە سەردەمی پاش ڕانەوەی جەنگی سارد، ساڵی ١٩٩٣ لە هەولێر مافی دەرکردنی گۆڤاری «ڕوانگەی جیهان»ی بەدەست هێناو ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکەی بە هەر یەك لە دارۆ شێخ نوری وەك سەرنوسەرو فەرید ئەسەسەرد وەك جێگری سەرنوسەر سپارد. یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣ دەرچوو، دوا ژمارەش کە ژمارە چوار بوو لەئایاری ١٩٩٥.

ساڵی ٢٠٠١ پاش دەست لەکارکێشانەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ، بە سەرەك وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانراو هەر ئەو ساڵەش لە کۆنگرەی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بۆ جاری دووەم بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو دواتر کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

ساڵی ٢٠٠٣ لەسەروبەندی بەگەڕکەوتنی هەوڵەکانی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، دەستی لەکار کێشایەوە. ساڵی ٢٠٠٤ ئەرکی جێگری سەرەك وەزیرانی بۆ عیراقی لە حکومەتی دکتۆر ئەیاد عەللاوی پێ سپێردرا، لە حکومەتی ئیبراهیم جەعفەریدا لێپرسراوەتیی وەزارەتی پلاندانانی وەرگرت و ساڵی ٢٠٠٦ لە حکومەتی نوری مالیکی ئەرکی جێگری سەرەك وەزیرانی کاروباری ئابووری گرتە ئەستۆ. پاش وازهێنانی نەوشیروان مستەفا لەپۆستی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خۆی و کۆسرەت ڕەسوڵ کران بەجێگرەکانی سکرتێری گشتی. ساڵی ٢٠٠٧ زانکۆی ئەمریکیی لە سلێمانی دامەزراند.

لەو ماوەیەی کە لە بەغدا لێپرسراوەتیی هەبوو، دەستپێشخەریی پەیمانی نێودەوڵەتیی بەڕێوە برد کە پەیمانێکە لە نێوان عیراق و کۆمەڵی نێودەوڵەتاندا بۆ یارمەتیدانی عیراق بۆ ساغکردنەوەی پابەندبوونی بە

ئاشتی هەم لە ناوخۆدا هەم لەگەڵ دەوروبەردا.

هەر لەو ماوەیەشدا وەك سپۆنسەری هەندێ پرۆژەی وەك «هیوا» بۆ پشتگیری کردنی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان و سپۆنسەری هەندێ دەزگای وەك سەتەلایتی «ئەلحوررییە» لە بەغداو دەزگای خەندان لە سلێمانی، دەرکەوت.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٩ سەرۆکایەتی کردنی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە هەڵبژاردنی گشتیدا پێ سپێردراو پاش سەرکەوتنی هاوپەیمانیی کوردستان بەڕێژەی ٥٩٪ی دەنگەکان، ئەرکی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتە ئەستۆو دەستی بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی هەڵبژاردن کرد.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر داوای تاڵەبانی، ئەوو کۆسرەت رەسول عەلی بە دەنگدانی ئاشکرا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرانەوەو دەم و دەست پاش هەڵبژاردنەوەیان، تاڵەبانی هەردوکیانی وەك جێگرانی سکرتێری گشتی راگەیاند.

لە شوباتی ساڵی ٢٠١١ دەستی لە پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەڵگرت.

پاش نەخۆش کەوتنی تاڵەبانی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ و شکستی یەکێتی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان، ئاڵۆزییەکی زۆر لە ناو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەری هەڵداو قۆناغێکی سەختی ململانێی ناوخۆیی دەستی پێکرد. ساڵی ٢٠١٤ جەمسەرە سەرەکییەکانی ململانێی ناوخۆ، بەرهەم ساڵح و کۆسرەت رەسول عەلی و هێرۆ برایم ئەحمەد، بە ناوبژیوانیی ئێران، لەسەر چارەسەری کێشەکان و دابەش کردنی دەسەڵاتەکان رێك کەوتن بەڵام ئەم رێککەوتنە جێبەجێ نەکراو لە ئەنجامدا دوبەرەکییەکە درێژەی کێشا. هەر ئەو ساڵە ئەوو دکتۆر فوئاد مەعسوم بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری عیراق کاندید کران، بەڵام فراکسیۆنە کوردییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەنگیان بە دکتۆر فوئاد مەعسوم دا.

لە ئابی ٢٠١٥دا پڕۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێم پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی کرد. لە١١ی ئابدا مەکتەبی سیاسی لە کۆبونەوەیەکدا کە لە کەرکوك بەسترا، رەزامەندیی لەسەر پڕۆژەکە نیشاندا، بەڵام ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کۆبونەوەی ١٢ی ئابدا پڕۆژەکەی پەسند نەکرد چونکە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو پڕۆژە یاسایەدا نەدەگونجا کە فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ هەمووارکردنەوەی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥، لە٢٠ی حوزەیراندا پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی کردبوو.

لە یەکی ئەیلولی ٢٠١٦دا لەگەڵ کۆسرەت رەسول عەلی و چەند ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەوتێکی سیاسیی بە ناوی ناوەندی بڕیارەوە راگەیاند. لێرە بەدواوە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی بایکۆت کردو چالاکیی سیاسیی خۆی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سڕ کرد.

لە ١٦ی ئەیلولی ٢٠١٧ دا بۆ بەشداری کردن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا قەوارەیەکی سەربەخۆی بە ناوی هاوپەیمانی بۆ دادپەروەری و دیموکراسی، لە بارەگای سەرەکیی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەولێر تۆمار کرد. لە ١٧ی ئەیلولدا پابەندبونی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پچڕاند و بەڵگەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی کرد.

ساڵی ٢٠١٨ بڕیاریدا بە لیستێکی سەربەخۆ

بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا بکا. لە ١٠ی کانونی دووەمدا کۆنگرەی دامەزراندنی ڕێکخراوی «هاوپەیمانی بۆ دادپەروەری و دیموکراسی» وەك قەوارەیەکی سیاسی لە سلێمانی بەست. لە ١٢ی ئایاردا بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا کرد، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێشبینیی دەکرد کە لانی کەم ١٥ کورسی لە هەڵبژاردندا بەدەست بێنێ، تەنها دوو کورسیی بەدەستهێنا، یەك لە پارێزگای هەولێرو یەکێکی تر لە پارێزگای سلێمانی. پاش هەڵبژاردن تانەی لە ئەنجامە ڕاگەیەندراوەکان دا و بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەنجامی بەدەست ژماردنەوەی کارتەکانی هەڵبژاردن، هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆن کرد.

لە ئەیلولدا پرۆسەیەکی بۆ گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەست پێ کرد. لە ١٢ ئەیلولدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پرنسیپی وتوویژی بۆ گەڕانەوەی بۆ ناو حزب پەسند کرد. لە ١٤ی ئەیلولدا یەکەم کۆبونەوەی فەرمی لە نێوان هەردولا بۆ گەڕانەوەی بەسترا. لە ١٩ی ئەیلولدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی داوای گەڕانەوەی پەسند کرد و هەر لەو کۆبونەوەیەشدا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری عیراق، لە سەرجەمی ٤٣ دەنگدا، ٢٦ دەنگی بەدەست هێناو بەمە بە سەر دوو کاندیدەکەی تردا، هەر یەك لە دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید و دکتۆر محەمەد سابیر، سەرکەوت و بووە کاندیدی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار.

لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨دا وەك کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداریی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا کرد و لە گەڕی یەکەمدا لە سەرجەمی ٣٠٠ دەنگدا ١٦٥ دەنگی بەدەست هێنا، لە کاتێکدا ڕکابەرەکەی، دکتۆر فوئاد حسێن کە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ٨٩ دەنگی بەدەست هێنا. لە گەڕی دووەمدا دکتۆر فوئاد حسێن کشایەوەو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بایکۆتی پرۆسەکەی کردو هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی بەجێ هێشت. بەڵام پرۆسەکە بە بێ ئامادەبونی کاندیدی پارتی دیموکرات بەردەوام بوو و لە گەڕی دووەمدا دکتۆر بەرهەم ساڵح بە بەشداریی ٢٧٢ پەرلەمانتار، ٢١٩ دەنگی بەدەست هێناو کاندیدی ئامادەنەبوی پارتی دیموکرات ٢٢ دەنگی بەدەست هێنا. پشت بەست بەم ئەنجامە، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق محەمەد حەلبوسی بەرهەم ساڵحی بە سەرۆکی کۆماری عیراق ڕاگەیاند. هەر لەو دانیشتنەدا، دوای ئەوەی کە وەك سەرۆکی کۆماری عیراق سوێندی دەستوریی لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا خوارد، عادل عەبدولمەهدیی ڕاسپارد کابینەی تازە پێك بێنێ.

ساڵی ٢٠١٩ لە کاتی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی گەورە لە بەغدا لە دژی کابینەی عادل عەبدولمەهدی و بڵاوبونەوەی پشێوی و پاشاگەردانی لە قەڵەمڕەوێکی فراوانی باشوری عیراق، پشتیوانیی لە داخوازییەکانی بزوتنەوەی نارەزایی کرد و بانگەشەی بۆ چاکسازیی سەرتاسەری کرد.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کانونی یەکەمی ٢٠١٩، لەگەڵ هەر لە یەك قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێواز فایق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ بووە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

پاش دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی وەزیرانی عیراق عادل عەبدولمەهدی و پەسندکردنی

دەستـلـەکـارکـێشـانـەوەکـەی لـە لایـەن ئـەنجـومـەنی نوێنەرانی عیراقەوە، لە شوباتی ٢٠٢٠دا، سەرۆکی کۆمار بەرهەم ساڵح بەپێی ماددەی ٧٦ی دەستوری عیراق، محەمەد تۆفیق عەللاویی راسپارد کابینەی تازەی حکومەتی عیراق پێك بێنێ. پاش کشانەوەی عەللاوی لە پرۆسەکە، لە ئازاردا هەمان ئەرکی بە عەدنان زورفـی سپارد، هەرچەند بەشێکی زۆری فراکسیۆنە شیعییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق راسپاردنەکەیان رەتکردەوە. لە نیساندا ئەرکەکەی بە مستەفا کازمی سپارد و هەوڵی لێك نزیك کردنەوەی رایە جیاوازەکانی دا. هەر لەو ماوەیەشدا، لە کاتی تەشەنە سەندنی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان و شکستهێنانی سیاسەتی سەربەخۆیی ئابوریدا، هەموو توانای خۆی بۆ لێك نزیك کردنەوەی هەولێر و بەغدا خستە گەڕ و چەردەیەك پێشنیاری بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکە پێشکەش کرد.

## بەرەی کوردستانی

هاوپەیمانییەکی سیاسییە لـە نـێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) و لقی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە لە ٢ی ئایاری ١٩٨٨ راگەیەنراوەو دواتریش هەر یەك لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری پەیوەندییان پێوە کردووە.

پـاش واژۆکـردنـی پـرۆتـۆکـۆلـی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە نیسانی ١٩٨٦و واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) لە ئایاری هەمان ساڵ، ژینگەیەکی لەبارتر بۆ هێورکردنەوەی دوبەرەکییە ناوخۆییەکان و گەیشتن بە سازان و ئاشتەوایی هاتە دی. بەڵام ئەرکەکە هێشتا پێویستی بە خۆماندووکردن و کۆششی زۆرتر بوو. تاڵەبانی هەلی ئاشتبونەوەی لـەگـەڵ حزبی سۆسیالیست و پاسۆك بۆ بەرین کردنی مەودای ئاشتەواییەکە قۆستەوەو بە شێنەیی و بـە سوربونێکی زۆرەوە کـەوتـە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی وەدی هێنانی ئاشتییەکی سەقامگیر لەنێوان هـەمـوو لایـەنـە سیاسییەکانی کوردستان. بـیـرۆکـەی سـەرەکـیـی زاڵ بـەسـەر بـیـرکـردنـەوەی تاڵەبانیدا، چۆنێتیی کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان بوو لە ژێر چەتری رێکخراوێکدا کە نەك هەر بتوانێ نوێنەرایەتیی هەموو لایەنە پێکهێنەرەکانی بکات، بەڵکو ئەمە تێپەڕێنێ و بتوانێ نوێنەرایەتیی هەموو گەل بکات بە هەموو پێکهاتەکانییەوە. بۆچونیشی وا بـوو کـە راماڵینی ئاستەنگ و تـەگـەرەکانی بـەردەم پێکهێنانی بـەرەیـەکـی کـۆکـەرەوەی لایەنە سیاسییەکان، بە هەڵسوڕانێکی باش تاوتوێکراوو بە بەکارهێنانی دینامیکی نەرم و نیان، کارێکی دژوار نابێ. لەم سەروبەندەدا تاڵەبانی لە ١ی حوزەیرانی ١٩٨٦دا لە وتارێکدا بەبۆنەی یـادی ١٠ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشەوە کە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان پەخش کرا، جەختی کردە سەر پێویستیی رێکخستنەوەی پەیوەندییە ناوخۆییەکان و هەڵهێنانی هەنگاوی گـەورە بـەرەو سەقامگیرکردنی چەمکی ئاشتبونەوەی گشتی و لەم رووەوە وتی «بەلای ئێمەوە دروشمی ئاشتبونەوەی گشت هێزەکانی دوژمـن بە میریی داگیرکەر، دروشمێکی سەرەکی و گرنگە... هەر بۆیەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەمێکە سورە لەسەر بەرزکردنەوەو بەدی هێنانی ئەم دروشمە» و بەم چەشنە گوزارشتی لە بایەخی ئاشتبونەوەی گشتی کرد کە «گرنگییەکەی لە دوای ئەرکی

پاراستن و گەشەپێدانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دێت». لەم سەروبەندەدا، دواتر لە وتارەکەدا هەنگاوێکی تر لە بیرۆکەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی نزیك بۆوە، بۆ یەکەم جار وشەی «بەرە»ی بەکار هێناو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کوردستان پێویستی بە پێکهێنانی «بەرەی رزگاریی کوردستانە»، عیراقیش پێویستی بە پێکهێنانی «بەرەی نیشتمانیی فراوانی عیراقە» و لەم چوارچێوەیەدا دامەزراندنی ئەم دوو بەرەیەی وەك «ئەرکێکی گرنگ و بایەخدار» ناساند. وەك دەردەکەوێ، ئاماژەکانی ناو وتارەکە بە شێوەیەکی چڕ گوزارشتیان لە بیرۆکە سەرەکییەکە کردووەو رێخۆشکەریش بون بۆ هێنانە ئارای بیرۆکەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی.

دوا بەدوای واژۆکردنی رێککەوتننامەی تاران لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئێران لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦و رێککەوتنی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ و واژۆکردنی رێککەوتنی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق، هەلومەرجێکی لەبار بۆ زۆرتر لێك نزیکبونەوەی لایەنە سیاسییەکان هاتە ئاراوە.

لە ساڵی ١٩٨٧دا تاڵەبانی خولی دووەمی هەوڵە دیپلۆماتکارییەکانی بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەست پێ کرد. لە ٢٢ی نیساندا نامەی بۆ هەر یەك لە مەسعود بارزانی، رەسول مامەند، ئازاد مستەفا و سامی عەبدولڕەحمان نارد، تێیدا بە شێوەیەکی فەرمی پێشنیاری پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی کرد.

لە وەڵامی پێشنیارەکەدا هەموو لایەنە سیاسییەکان پشتگیریی پرۆژەکەیان کرد. مەسعود بارزانی لە بروسکەیەکدا بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وتی «رازین بە پێشنیارەکەتان. بەرەی کوردستانی بۆتە پێویستییەکی لەگومان بەدەر. گەلەکەمان بە مەترسیدارترین قۆناغی مێژویدا تێدەپەڕێ، بۆیە تێکۆشانمان لە بەرەیەکی کوردستانیدا دەستەبەری شکست پێ هێنانی نەخشەکانی دوژمنانە. بۆ رێ خۆش کردن بۆ ئەم بابەتە، ئەم پێشنیارە لە سەرکردایەتیی حزبەکەمان تاوتوێ دەکەین». لەم سەروبەندەدا رەسول مامەند لە بروسکەیەکدا بە ناوی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە، پشتگیریی پێشنیارەکەی کردو رایگەیاند کە حزبەکەی بڕیاری داوە شاندێك لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی بۆ وتووێژ سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و عیراقی پێك بێنێ و نیشانی دا کە شاندەکە پێی سپێردراوە بە بایەخێکی زۆرەوە بەشداری لە وتووێژەکانی تایبەت بە نوسینی بەرنامەی بەرەی کوردستانی بکات.

هەروەها ئازاد مستەفا بە ناوی پارتی سۆسیالیستی کوردەوە لە بروسکەیەکدا پێشوازیی لە پێشنیارەکە کردو داوای کرد کۆبونەوەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لەسەر خاکی کوردستان ببەسترێن، هەروەك رونیشی کردەوە کە پێکهێنانی بەرە مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنە.

هەروەها مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە بروسکەکەیدا پشتیوانیی لە دەستپێشخەرییەکە کردو نیشانی دا کە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی رێ بۆ پێکهێنانی بەرەی سەرتاسەری عیراق خۆش دەکات.

هەروەها لە بەیاننامەیەکدا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ٢٥ی ئایاری ١٩٨٧دا بە هاوبەشی دەریان کردووە، هەردولا جەختیان کردە سەر پێویستیی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و نیشانیان دا کە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی دەبێتە مایەی رێخۆشکردن بۆ

دامەزراندنی بەرەی سەرتاسەری عیراق.

ئاڵوگۆڕی بیروڕا بۆ پێکهێنانی بەرەو وردەکارییەکانی تایبەت بە پەیڕەوی ناوخۆ، دروشمەکان، ئامانجەکان، بەرنامەی سیاسی، کاروباری راگەیاندن، پەیوەندییە گشتییەکان، دارایی و رێکخراوە پیشەییەکان ساڵێك زیاتری خایاند. لەو ماوەیەدا دەرکەوت کە هەندێ لە لایەنەکان هێشتا دودڵن لە هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی بەرەی سیاسی و هەست دەکەن بۆ تاوتوێ کردنی وردەکارییەکانی پرۆژەکە، کاتێکی زۆرتریان پێویستە.

هەرچەند دایەلۆگ و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان نیشانیدا کە ئەستەم نیە لایەنە سیاسییەکان بگەن بە خاڵی هاوبەش، بەڵام تاکە خاڵ کە هەندێ لە لایەنەکان زۆر لێی دودڵ بون، پێشنیاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بوو کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێی لەسەر دادەگرت و بە پێویستی دەزانی.

لە ١ی حوزەیرانی ١٩٨٧دا تاڵەبانی یادی دوانزەهەمین ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی قۆستەوە لە وتارێکدا کە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرایەوە، بابەتی دامەزراندنی بەرەی کوردستانیی وروژاندەوەو چوار خاڵی گرنگی هێنایە ئاراوە. لەخاڵی یەکەمدا جەختی کردەوە سەر «پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی کوردستانی بۆ سازدان و رێبەری کردنی خەبات و شۆڕشی کوردستان و هاوخەباتی کردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق بۆ روخاندنی رژێم و هێنانە کایەی حوکمێکی ئیئتیلافیی دیموکرات کە دیموکراسیی راستەقینە بۆ عیراق و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کوردستان دابین بکات و عیراق و کوردستان لە کارەساتی هەردوو شەڕەکە رزگار بکات». لە خاڵی دووەمدا هەوڵیدا دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لەسەر پێشنیاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگە پەك نەخات و لەم سەروبەندەدا فۆرمێکی هەموارکراوی بۆ پێشنیارەکە بە شێوەی «یەکخستنی خەبات و چالاکییەکانی هەموو پێشمەرگەکانی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق» پێشکەش کرد. ئەم هەموارکردنە گرێ کوێرەی پرۆژەکەی کردەوەو هەنگاوەکانی پێکهێنانی بەرەی خێراتر کرد. لەخاڵی سێیەمدا تاڵەبانی پێشنیاری کرد «کۆمیتەیەکی خۆ ئامادەکردن» بۆ بەرە پێشنیارکراوەکە پێك بهێنرێ.

لە خاڵی چوارەمدا تاڵەبانی پێشنیاری پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی عیراقی وروژاندو وای بۆ چوو کە ئەو دژی دامەزراندنی ئەو بەرەیە نیە بەڵام نابێ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لەسەر پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی عیراق پەك بخرێ و لەم رووەوە وتی« ئەمڕۆ رۆژی پەلەکردنە لە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی کوردستان. رۆژی ئەوە نیە دروشمی بەرەی نیشتمانیی عیراق، کە هەموتان دەزانن ئەمڕۆ مومکین نیە، بکرێتە بیانووی دواخستن و پەکخستنی بەرەی نیشتمانیی کوردستان» و ئەو پاساوەی هێنایەوە کە «هێشتا هێزە سەرەکییەکانی عیراق، واتە ئیسلامییەکان، ناسیۆنالیستەکان، کۆمۆنیستەکان و کورد لەسەر یەکەمین و دووەمین دروشمی خەباتی ئەمڕۆ پێك نەهاتون. هێشتا زۆری ماوە بگەنە قۆناغی دانانی بەرەی نیشتمانیی فراوانی عیراق». لەم سەروبەندەدا رای وابوو کە پێداگرتنی بێ مانا لەسەر پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی عیراق و پەکخستنی پرۆژەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی «زیانێکی گەورە لە شۆڕش و راپەڕینی خەڵکی کوردستان دەدات و کۆسپێکی گەورەش دەخاتە سەر رێگەی پڕ کۆسپی بەرەی نیشتمانیی عیراقەوە. دیارە ئۆباڵەکەش لە ئەستۆی ئەوانەدا دەبێت کە بیانوو بۆ پێك نەهێنانی بەرەکە دەهێننەوە».

لەگەڵ وازهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پێشنیاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، گرێی

کێشەکە کرایەوەو پرۆسەکە بە خێرایی هەنگاوی بۆ پێشەوە نا. لە تەموزی ۱۹۸۷دا لایەنە سیاسییەکان لە گەڵاڵەکردنی کۆتا فۆرمی بەرەی پێشنیارکراو نزیك بونەوە. لە ۱۸ی تەموزدا نوێنەرانی پێنج لایەنە سەرەکییەکە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان ، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان و پاسۆك لە کۆبونەوەی پێنج قۆڵیدا بڕیاریان دا قاڵبی ڕێککەوتنە دوقۆڵییەکان تێپەڕێنن و بەرەو قاڵبی بەرەیی هەنگاو بنێن. لە کۆبونەوەکەدا مەسعود بارزانی ئەو بیرۆکەیەی هێنایە پێش کە هەندێ لەو لایەنە عیراقییانەی رۆڵێکی کارایان لە کوردستاندا هەیەو لقەکانیان بە کردەوە بەشدارن لە بزوتنەوەی چەکداری کوردستاندا، شایستەی ئەوەن کە دەرفەتیان پێ بدرێ وەك ئەندامێکی دامەزرێنەر بەشدار بن لە هەوڵەکانی دامەزراندنی بەرەی کوردستانیداو لەم سەروبەندەدا ناوی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی هێنا. لە بەیاننامەی هاوبەشی پێنج لایەنەکەدا هاتبوو کە «کاتی ئەوە هاتووە ڕێبازی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، کە تا ئێستا شێوەی هاوپەیمانیی دوقۆڵی و فۆرمی پەیوەندیی تێکۆشەرانەی چەند لایەنێکی وەرگرتووە، قوڵتر بکرێتەوەو فۆرمێکی دیکەی کاری هاوبەشی بۆ دابین بکرێ. کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندیی ئێستا بەرەی پێ بدرێ و بگەیەنرێتە ئاستی بەرەیەکی کوردستانی لەسەر بنەمای دیموکراتییانە، چ لەڕوی ئامانجەوە، چ لەڕوی پەیوەندیی نێوان لایەنەکانەوە، چ لەڕوی پەیوەندیی نێوان ئەو لایەنانەو باقی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانیی عیراقەوەو هەروەها چ لەڕوی پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵکەوە». بەیاننامەکە وای داناوە کە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی «هەنگاوێکی گەورەیە رووەو بەرەی نیشتمانیی فراوانی عیراق» و فاکتەرێکی یارمەتیدەریشە بۆ «دروست کردنی پرد بۆ سەقامگیرکردنی هاوخەباتیی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی عەرەب و هەموو بزوتنەوە رزگاریخوازییەکانی گەلانی ناوچەکەمان».

بەیاننامەکە خوازیار بوو نیگەرانیی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە خۆجیاکردنەوەی کورد بڕەوێنێتەوەو وای نیشاندا کە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی شێوەی خۆجیاکردنەوە وەرناگرێ، ڕێگریش نابێ لە بەردەم بەشداریی کورد لە بەرەی سەرتاسەری عیراق. لەم سەروبەندەدا بەیاننامەکە تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بەرەی کوردستانی «ئەلتەرناتیڤی» بەرەی سەرتاسەری عیراق نیە، بەڵکو «کوانوویەکە بۆ جۆشدانی خەباتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عیراق لە دژی فاشیزم و جەنگ» و بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە «یەکخستنی بزاڤی رزگاریی کورد هەم خزمەتی یەکێتیی تێکۆشانی سەرجەم گەلی عیراق و هێزەکانی دەکات هەم ئەو یەکێتیی تێکۆشانە بەگوڕتر دەکات. یەکبونی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد مەرجێکی زۆر گرنگی یەکبونی بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراقە. پێچەوانەکەشی راستە، چونکە لە نێوان مەسەلەی نیشتمانی- دیموکراتیی عیراق لەلایەك و مەسەلەی رەوای کورد لەلایەکی ترەوە، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی هەیە. چارەسەرکردنی هەردوو مەسەلەش بە یەکترییەوە بەستراوەتەوە، بەڵام ئەو چەوسانەوەیەی کە جەماوەری کوردستان دوچاری بووە، هەمیشە چەوسانەوەیەکی دووبەرابەر بووە». هەروەها بەیاننامەکە بانگەشەی بۆ مافی چارەی خۆنوسین کردو نیشانیدا کە «هێشتنەوەی مەسەلەی کورد لە عیراقدا بەبێ چارەسەرێکی دادپەروەرانە، یەکێ لە هۆکانی ئەو رەوشە مەینەتبارەیە کە لەسەر دەستی رژێم بەسەر گەلی عیراق و گەلانی

دیکەی ناوچەکەدا هاتووە. بە هەمان پێودانگ، ئاشتیی خوازراو لە ناوچەکەدا بەندە بە چارەسەری دادپەروەرانەی مەسەلەکەمان بە جۆرێك کە زوڵمی مێژوویی لەسەر گەلی کورد هەڵبگیرێ و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی مافخوراوی کورد، وەك هەموو گەلانی جیهان، بسەلمێنرێ».

کۆبونەوەی ١٨ی تەموزی ١٩٨٧ بە کۆبونەوەیەکی گرنگ دەژمێردرێ کە تێیدا ١٥ نوێنەری پێنج حزبە سەرەکییەکە بەشدار بون. نوێنەرەکانیش لە ئاستێکی باڵادا بون. پارتی دیموکراتی کوردستان بە ٦ نوێنەر بەشدار بوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ٤ نوێنەر، حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە ٢ نوێنەر، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بە ٢ نوێنەرو پاسۆك بە یەك نوێنەر. پێکهاتەی شاندە بەشدارەکان بەمجۆرە بوو: لە پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا، فەلەکەددین کاکەیی، نێچیرڤان بارزانی، موحسین دزەیی و فرانسۆ هەریری، لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عومەر سەید عەلی ، نازم عومەر و ئاوات عەبدولغەفور، لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان، رەسول مامەندو ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد ناسراو بە مەلا ناسیح، لە پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، سامی عەبدولڕەحمان و عەبدولمەوجود تەها، لە پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) کەریم سەلام.

لە ٣٠ی تەموزی ١٩٨٧دا هەر پێنج لایەنەکە جارێکی تر کۆ بونەوە. پاش کۆبونەوەکە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا پێکهێنانی کۆمیتەیەك لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی حزبەکان بۆ دانانی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی راگەیەنرا.

دوای پێکهێنانی کۆمیتەکە، ئامادەکارییەکان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی باشتر بەڕێوە چون و هەنگاوەکان گەرم و گوڕتر بون. لە ٦ی کانونی یەکەمدا لە کۆبونەوەی کۆمیسیۆنی باڵای هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بە ئامادەبونی تاڵەبانی، دکتۆر کەمال خۆشناو، محەمەد تۆفیق رەحیم و ئازاد هەورامی لە لایەن یەکێتییەوەو مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا، دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس و نێچیرڤان بارزانی لە لایەن پارتییەوە، هەردولا پێیان لەسەر جێبەجێ کردنی تەواوی ماددەکانی رێککەوتنی نێوانیان داگرت و پابەندبونی خۆیان بە «وەدی هێنانی بەرەی کوردستانی» دوپات کردەوە.

دواتر، پڕۆژەی بەرنامەی بەرە لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە ئامادە کرا. لە ١٢ی نیسانی ١٩٨٨ دا نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، پاسۆك و پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە کوێستانی گوێزێ، لە کڵکەی چیای قەندیل، کۆ بونەوەو پڕۆژەکەیان بە تێروتەسەلی تاوتوێ کرد. پاش هەموارکردنەوەی هەندێ لە بڕگەکانی، پەسندیان کردو بڕیاریاندا لە کۆبونەوەی داهاتوودا دیکۆمێنتی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی واژۆ بکەن.

پارتی کۆمۆنیستی عیراق، بە بەراورد لەگەڵ پێنج لایەنە کوردستانییەکە، درەنگتر بەشداریی لە پرۆسەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا کردووە. لە ناو سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستدا، رەوتێك هەبوو زۆرتر پشتگیریی دامەزراندنی بەرەی سەرتاسەری عیراقی دەکردو بە پێویستی نەدەزانی بەرەی کوردستانی پێك بهێنرێ. رێکەوت رۆڵێکی سەرەکیی لە بردنی پارتی کۆمۆنیست بۆ ناو بەرەی کوردستانی هەبوو. پارتی کۆمۆنیست بە دوو ئەندامی سەرکردایەتیی،

یوسف حەننا و دکتۆر ڕەحیم عەجینە، بەشداریی لە کۆبونەوەی گویزێدا کرد. بەپێی گێڕانەوەی فاتیح ڕەسول، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیست، لە بەرگی سێیەمی کتێبەکەیدا «چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی خەباتی گەلی کورد: ڕوداوو بەڵگەنامە ۱۹۸۲-۱۹۹۰»، دوو ڕۆژ پێش کۆبونەوەی گویزێ، مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیست لە دیمەشقەوە بروسکەی بۆ سەرکردایەتیی ناو وڵات ناردبوو، داوای کردبوو نوێنەرانی پارتی کۆمۆنیست بەشداری لە کۆبونەوەکەدا نەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی دوو نوێنەرەکەی پارتی کۆمۆنیست پێش گەیشتنی بروسکەکە، بەرەو گویزێ بەڕێ کەوتبون و لە بارەگاکانی خۆیان زۆر دور کەوتبونەوە، ئاگایان لە بروسکەکەی مەکتەبی سیاسی نەبوو. کاتێك مەکتەبی سیاسی پێی زانی، کار لە کار ترازا بوو، بۆیە لێی بێدەنگ بوو و دژی ڕێککەوتنەکە نەوەستایەوە. لە کۆتاییدا، پارتی کۆمۆنیست وەك ئەندامێکی دامەزرێنەر بەشداریی لە ڕێ و ڕەسمی ڕاگەیاندنی بەرەدا کرد. لە ۲ی ئایاری ۱۹۸۸دا نوێنەرانی هەر شەش حزب، نەوشیروان مستەفا لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کەریم سەلام لە لایەن پاسۆکەوە، سامی عەبدولڕەحمان لە لایەن پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە، عەلی عەبدوڵڵا لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ڕەسول مامەند لە لایەن حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە و عەزیز محەمەد لە لایەن پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە، لە خواکورك کۆ بونەوەو بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانییان واژۆ کرد.

پاش ۱۱ ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی، سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق عەزیز محەمەد بروسکەیەکی پیرۆزبایی بە بۆنەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانییەوە بۆ تاڵەبانی نارد، تێیدا دەستخۆشیی لە هەموو ئەو لایەنانە کرد کە بەشدار بون لە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی بەرەی کوردستانی. عەزیز محەمەد لە بروسکەکەیدا وتویەتی «حزبەکەمان ئومێدەوارە بەرەی کوردستانی ڕۆڵی لە جۆشدان و سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە خەباتدا لەپێناوی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورددا هەبێ و ئومێدەواریشە بەرە بەشدار بێ لە خەباتی تێکڕای گەلی عیراق لە پێناوی ئاشتی و دیموکراسیدا». سەبارەت بە پڕۆژەی دامەزراندنی بەرەی سەرتاسەری عیراقیش کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەوڵی بۆ دەدا، عەزیز محەمەد لە بروسکەکەیدا وتی «ئێمە کار لەگەڵ ئێوەدا دەکەین بۆ ئەوەی بەرەی کوردستانی ببێ بە دەستپێکی ڕاستەقینەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی سەرتاسەری عیراق، ئەو ئامرازەی کە بە ڕاستی لە توانای دایە ڕوبەڕوی هەڕەشەکان ببێتەوە، پیلانەکان پوچەڵ بکاتەوەو وڵاتەکەمان لە نەهامەتییەکانی جەنگی فاشیستی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و جەنگی شۆڤێنیستیی دژ بە گەلی کورد ڕزگار بکات».

ساڵی ۱۹۹۰ بەرە فراوان کراو دوو گروپی تر بە ئەندام وەرگیران. لە تشرینی دووەمدا سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە نیشان دا کە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرکردایەتیی قادر عەزیز و بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری بە ئەندام وەربگیرێن.

لە هەڵسەنگاندنی گشتیدا بەرەی کوردستانی لە ماوەی دەستبەکاربونیدا چوار ئەرکی گرنگی بەجێ هێناوە. ئەرکی یەکەم لێك نزیك کردنەوەی لایەنە سیاسییە پێکهێنەرەکان و چەسپاندنی گیانی سازان و تەبایی لە نێوانیاندا. ئەرکی دووەم ڕایی کردنی کاروباری ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱و سەرخستنی

پرۆسەکە بە هەماهەنگیی لایەنە پێکهێنەرەکان. ئەرکی سێیەم بەڕێوەبردنی پرۆسەی وتوویژ لەگەڵ حکومەتی عیراق لە قۆناغی پاش راپەڕین. ئەرکی چوارەم بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لە ماوەی پاش راپەڕینەوە تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢. لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢دا بیروڕای زاڵ لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە چارەنوسی بەرەی کوردستانی، زۆرتر بەلای هێشتنەوەی بەرەی کوردستانیدا دایدەشکاند. تاڵەبانی لەو راپۆرتە سیاسییەی کە ساڵی ١٩٩٢ پێشکەش بە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردووە، بە رونی گوزارشتی لەو بۆچونە کردووەو لە کۆتایی راپۆرتەکەشدا ئاماژەی بە ئەگەری پێکهێنانی «بەرەیەکی کوردستانیی گەشەپێدراو» کردووە. تاڵەبانی دەیزانی رەوتی روداوەکان فۆرمە کلاسیکییەکەی بەرەی کوردستانیی تێپەڕاندووە، بەڵام لەو بڕوایەدا بوو کە بەرە چانسی مۆدێرنیزەکردنەوەی هەیەو لە توانا دایە بەرنامەو شێوەی کارکردنی بە جۆرێك هەموار بکرێتەوە کە بتوانێ وەك هاوپەیمانییەکی سیاسی، لەپاڵ حکومەتدا، بمێنێتەوە. بەڵام رەوشی روداوەکان بوارێکی زۆری بۆ سەرخستنی بیرۆکەکە پێك نەهێنا.

بە شێوەیەکی فەرمی هیچ بڕیارێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەرەی کوردستانی دەرنەچووە. پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، بەرەی کوردستانی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پوکایەوەو دامودەزگاکانی لەبەر یەك هەڵوەشانەوە. بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆداو لەڕەوتی گەڕاندا بە دوای میکانیزمی گونجاودا بۆ راگرتنی شەڕ، ناوبەناو بیرۆکەی بەرەی کوردستانی، وەك دەریچەیەك لە قەیرانی شەڕ، سەری هەڵدەدایەوە، هەموو جارێکیش بیرۆکەکە زوو دادەمرکایەوەو لەبەر چاو ون دەبوو.

## پاشکۆی ژمارە١

### سەروتاری رۆژنامەی شەرارە دەربارەی پێویستیی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی

لە وەڵامی پێشنیارەکەی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، برایانی بەڕێز، کاك مەسعود بارزانی و سەرکردەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان رەزامەندییان لەسەر پێویستیی پەلەکردن لە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی کوردستان نیشاندا، ئەویش بۆ رابەرایەتی کردنی خەبات و شۆڕشی گەلەکەمان و هەروەها بۆ ئەوەی ئەم بەرەیە ببێ بە هەنگاوێکی گرنگ بەرەو دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی سەرتاسەری عیراق. کاك مەسعود بارزانی لە بروسکە وەڵامەکەیدا وای بۆ چووە کە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی پێویستییەکی لە گومان بەدەرە، هەروەك تەواوی برا سەرکردەکانی حزبە کوردستانییە دۆستەکان جەختیان کردۆتە سەر پێویستیی پەلەکردن لە دامەزراندنی بەرەدا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ تەگەرە لەسەر رێ هەیە، ئەویش لە ئەنجامی دوو تێڕوانینی چەوتدا کە هەندێ کەس بە ئاشکرا دەری دەبڕن و هەندێکی دیکە بە دزییەوە. ئێمەش رامان وایە کە سودبەخش و پێویستە، بەگیانێکی هەڤاڵانەو بابەتییانە، گفتوگۆ سەبارەت بەم دوو تێڕوانینە بکەین:

تێڕوانینی یەکەم پێی وایە دەبێ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی سەرتاسەری عیراق پێش دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بکەوێ و دەبێ بەرەی کوردستانی بەشێکی بەرە عیراقییەکە بێ.

لە وەڵامدا دەڵێین بەرەی سەرتاسەری عیراق

ئامانجێکی جوامێرانەو گرنگە کە خەبات بۆ وەدی هێنانی دەکەین و باوەڕیشمان وایە کە دامەزراندنی ئەم بەرەیە لە قازانجی بزاڤی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانەی عیراق و کوردستان دایە، بەڵام رەوشی نالەباری ئەم بزاڤە دەری دەخا کە ئەستەمە لەم بارودۆخەی ئەمڕۆدا بەرەی سەرتاسەری پێك بهێنرێ، چونکە لایەنە بنچینەییە بانگهێشتکراوەکان لەنێوان خۆیاندا ناکۆکییەکی زۆریان لەسەر گرنگترین مەسەلەو پرسەکانی تایبەت بە روخاندنی رژێم و جەنگی عیراق- ئێران و ئایندەی عیراق و چەندین ئامانجی تر هەیە. گروپە کۆنەکانیش، هەرچەند نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان بەدی بێنن، بەڵام هەر ماون و هێشتا هیچ گۆڕانێك بەسەر بیرکردنەوەیاندا نەهاتووەو هێشتا لایەنە ئیسلامی و کوردی و ناسیۆنالیستی و کۆمۆنیستەکان لەسەر دەم و دەست پێکهێنانی بەرەی سەرتاسەری رێك نەکەوتون.

بۆیە پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە دەبێ بەرەی سەرتاسەری عیراق پێش بەرەی کوردستانی دابمەزرێ، تەنها بەم واتایە دێت کە رێ لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و بەرەی سەرتاسەری عیراق بگیرێت چونکە هەموان دەزانن و دان بەو راستییەدا دەنێن کە تەنانەت لە ئایندەیەکی نزیکیش دەرفەتی پێکهێنانی بەرەی سەرتاسەری عیراق نیە.

کەواتە بۆچی و لە بەرژەوەندیی کێیە نکوڵی لەم راستییە ئاشکرایانەی خوارەوە بکرێ:

١-بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی خەملیوی کوردستان خەباتێکی چەکداری جەماوەریی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ئاراوە کە بەهێزکردن و پەرەپێدان و سەرکردایەتی کردنی، پێویستی بە بەرەیەکی یەکگرتووی کۆکەرەوەی لایەنە کاراو هەڵسوڕاوەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی راپەڕیو هەیە.

٢-بارودۆخی هەڵسانەوەی جەماوەر کە بۆ بەرپابونی راپەڕینێکی جەماوەری لە شارو شارۆچکەکان پەیامی مژدەبەخشی پێیە، پێویست بەوە دەکات کە هەوڵ و کۆشش و خەباتی هێزو حزبەکانی کوردستان لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا یەك بخرێ. ئەم بەرەیەش بەپێی سروشتی خۆی و بەپێی واقیعەکە، هەر دەبێ بەرەیەکی کوردستانی بێت، لە کاتێکدا کە زۆر بەداخەوە هێشتا هەلومەرجێکی لەبار بۆ راپەڕینی جەماوەر لە شارەکانی عیراقدا نیە، لانی کەم لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆدا.

کەواتە رەتکردنەوەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی کوردستان تەنها یەك واتای هەیە، ئەویش رەتکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگی و یەکخستنی هێزو حزبەکانی کوردستانە کە ئەمەش، لە بەرەنجامدا، زیانێکی گەورە لە ئامادەیی و خرۆشانی جەماوەر بۆ بەرپاکردنی راپەڕین دەدات.

٣-جولانەوەی رزگاریخواز و دیموکراتی کوردستان بەو پێیەی کە جولانەوەیەکی مێژوویی و بابەتییانەی نەتەوەیەکی ستەملێکراوی خاوەن هەلومەرج و بارودۆخێکی تایبەت و جیاوازە، لەمەوبەرو ئێستاش، خەسڵەتی جیاوازو رەوش و بارودۆخی تایبەت و گیروگرفتی جیاوازو میتۆدی پەرەسەندنی خۆی و ئاستی جیاوازی هەڵسانەوەی جەماوەریی خۆی و دۆخی شۆڕشگێڕانەی خۆی و تەنانەت جوگرافیای سیاسیی خۆیشی هەبوە. ئەم جولانەوەیە پێویستی بە بەرەیەکی نیشتمانیی تایبەت بە هێزەکانی خۆی هەیە، ئەمەش بەم مانایە نیە کە دامەزراندنی ئەم بەرەیە دیوارێکی چینی لە نێوان ئەم جولانەوەیەو جولانەوەی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازی عیراق دروست دەکات، بگرە پێچەوانەوەکەی راستە، چونکە هەر سەرکەوتنێکی جولانەوەی رزگاریخوازی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتنە بۆ جولانەوەی شۆڕشگێڕو

پێشکەوتنخوازی عیراق، هەروەك هەر سەرکەوتنێکی بزاڤی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانەی عیراقیش سەرکەوتنە بۆ جولانەوەی رزگاریخوازی دیموکراتی کوردستان. ئەمەش بەم واتایە دێت کە بەرهەڵستی کردنی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، قرتاندنی راستییە بابەتییە ناوبراوەکەیەو دەبێتە مایەی ئەوەی کە هەردوو لایەنە بنەڕەتییەکەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانەی دەوڵەتی عیراق لێك داببڕێن.

٤-پێکهێنانی بەرەی سەرتاسەری عیراق کارئاسانی بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەکات. بە هەمان پێودانگ، پێکهێنانی بەرەی کوردستانیش کارئاسانی بۆ پێکهێنانی بەرەی عیراقی دەکات و هەنگاوێکی گرنگیش بەرەو بەدی هێنانی دەنێ، هەروەك دەبێتە نمونەیەکی شیاوی چاو لێ کردن.

بۆیە، سەیرو چەوتە، هەندێ کەس وای نیشان بدەن کە بەرەی نیشتمانیی کوردستان لە روبەڕبونەوە دایە لەگەڵ بەرەی نیشتمانیی سەرتاسەری عیراق یاخود بەرەی سەرتاسەری عیراق لە روبەڕوبونەوە دایە لەگەڵ بەرەی کوردستانی.

کورتییەکەی ئەوەیە کە ئێمە باوەڕمان بەم راستییە رونە هەیە کە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی کوردستان رێ بۆ بەرەی سەرتاسەری عیراق خۆش دەکاو وادەی دامەزراندنی نزیك دەکاتەوە، سەرباری ئەوەی کە بەرەی کوردستانی بۆ پەرەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە دژی تاقمە دیکتاتۆرە عەفلەقییە نیشتمانفرۆش و دوژمنەکەی گەل، ئێجگار پێویستەو بایەخێکی لەئەندازە بەدەری هەیە.

تێڕوانینی دووەم پێی وایە (هەرچەند بە شێوەیەکی شەرمنانە دەری دەبڕێ) کە بەرەی کوردستانی هێزە بەرهەڵستکارە عەرەبەکان و دەوڵەتە دراوسێکان لە دژی جولانەوەی رزگاریخوازی دیموکراتی کوردستان دەوروژێنێ.

ئێمە بەم شێوەیە وەڵامی ئەم تێڕوانینە دەدەینەوە:

١-جولانەوەی رزگاریخوازی دیموکراتی کوردستان دەبێ جولانەوەیەکی سەربەخۆ بێت، خۆی لە پاشکۆیی و کلکایەتی بپارێزێت چونکە پاشکۆیی و کلکایەتی لەگەڵ هاوپەیمانی و هاوکاری وێك نایەنەوە. هەر بۆ نمونە، بڕیاری سەربەخۆی کورد لە روی بایەخ و گرنگی و پێویستییەوە لە بڕیاری سەربەخۆی فەلەستینییەکان کەمتر نیە.

٢-نابێ و ناشێ دۆستان و هاوپەیمانان، چ هێزی سیاسی بن چ دەوڵەت، لە هەنگاوێك نیگەران بن کە خزمەت بە جولانەوەی رزگاریخوازی دیموکراتی کوردستان دەگەیەنێت، بەڵکو پێویستە لەسەریان پشتگیریی بکەن، چ جا پرسەکە پەیوەندیی بە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی کوردستانەوە هەبێ کە بۆ سەرکەوتن و یەکخستنی هێزەکانی کورد ئێجگار پێویستە.

٣-دیارە دەوڵەتە نەیارەکان و هێزە شۆڤێنییەکانی عەرەب، پێش دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، هیچ کەمتەرخەمییەکیان لە دژایەتی کردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی دیموکراتی کوردستان نەکردووە. بۆ نمونە، تورکیا ناو بەناو هێرش دەکاتە سەر کوردستانی عیراق و بۆ تەفروتوناکردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دەستی لەگەڵ حکومەتی فاشیست تێکەڵاو کردووە. بەرەی کوردستانیش دەرگاکان بە روی پیلانەکانی ئەم جۆرە هێزانەدا دادەخا. ئەم هێزانە لەسەر سیاسەتی «پەرت کە قازانج دەکەیت» دەڕۆن و هەوڵی تەفروتوناکردنی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد دەدەن.

٤-ئەگەر هەندێ لە هێزو دەوڵەتە دۆستەکان

نەختێك دڵەڕاوكێ و نیگەرانییان لە لا دروست بوو بێ، هەر ئەوەندە بەرەی نیشتمانیی كوردستان لەسەر بنچینەكانی دژایەتی كردنی حكومەتی فاشیست و خەبات بۆ روخاندنی و هێنانە كایەی فەرمانڕەوایی فرەیی دیموكرات و دابین كردنی دیموكراسی بۆ عیراق و پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمان و یەكڕیزیی نیشتمانیی عیراق و برایەتیی كوردو عەرەب دابمەزرێت و هەر ئەوەندە ئەو راستییە رابگەیەنێت كە ئەو ئەندامێكی سەرەكیی بەرەی خوازراوی سەرتاسەری عیراقە، هەموو دڵەڕاوكێ و نیگەرانییەكە دەڕەوێتەوە.

٥-كاتێك بەرەی كوردستانی پێك دەهێنرێ و رابەرایەتیی خەباتی چەكداری جەماوەر دەكات و كوردستانی رزگاركراو دەكاتە قەڵای شۆڕشی عیراق و هێزە تێكۆشەرەكانی عیراق و دەستكەوتێكی زۆر لە بواری پەرەپێدانی خەباتی كاراو كاریگەر لە دژی تاقمە عەفلەقییە تاوانبارەكە بەدەست دێنێ، ئەوسا هەموان پەی بە كەڵكی بەرەی كوردستانی بۆ جولانەوەی شۆڕشگێڕو پێشكەوتنخوازانەی عیراق و بۆ دەوڵەتە دۆستەكانی گەلی عیراق و بۆ هەموو جوامێرەكانی ناوچەكە، دەبەن. ئەوسا واقیع خۆی دەسەپێنێ و هەموان پێویستی و قازانجەكانی بەرەی نیشتمانیی كوردستان دەسەلمێنن، بەتایبەتی ئەگەر بەرەی كوردستانی كەوتە گەڕ بۆ بەدی هێنانی هاوكاریی نیشتمانیی خوازراوو بەرەی سەرتاسەری عیراق چونكە لەو كاتەدا بەرەی كوردستانی باشتر بۆی دەلوێ رۆڵێكی گرنگ لە بەدی هێنانی هاوكاریی نیشتمانی و بەرەی سەرتاسەری عیراقدا بگێڕێت، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەوسا جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی كوردستان لە بازنە داخراوەكانی گەلەكۆمەكێ شكستخواردووەكان، كە مایەی دروست كردنی كۆسپ و تەگەرەن لە بەردەم بەرەی سەرتاسەری، دەربازی دەبێ و دەستكراوەتریش دەبێت. جا لێرەدا سەربەخۆیی دەتوانێ رۆڵێكی گرنگ لە نزیك كردنەوەی هەموان لە بەرەی سەرتاسەری بگێڕێت.

بەم چەشنە، دەبینین بەرەی نیشتمانیی كوردستان خزمەتی هەردوو بزاوتە شۆڕشگێڕو پێشكەوتنخوازەكەی كوردستان و عیراق دەكات و بناغەیەكی ساغڵەم بۆ هاوپەیمانی و هاوكاریی چارەنوسسازی هەردوكیان دادەمەزرێنێ، ئەویش لەو روانگەیەوە كە ئەم دوو بزاوتە دوو بزاوتە بنچینەییەكەی شۆڕشی خوازراوی عیراق پێكدێنن.

هەر لەم سۆنگەیەوە داوا لە برا بەرپرسەكانی حزبە كوردستانییەكان دەكەین، بە پەلە، رازیبونیان بە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی كوردستان، بە شێوەیەكی كردەیی بەرجەستە بكەن. چەند زوو بكەونە گەڕ بۆ دامەزراندنی بەرە، ئەوەندە باشترو بەسودترو گونجاوترە بۆ دابین كردنی پێداویستییەكانی جۆشدان و سەركەوتنی شۆڕش. بۆیە، لەم سۆنگەیەوە، بەرەی كوردستانی بە راستی كارێكی ئێجگار پێویستە.

سەرچاوە: شەرارە، ژمارە ٥، ئایاری ١٩٨٧، ل١(بە زمانی عەرەبی).

تێبینی: سەروتارەكە تاڵەبانی نوسیویەتی.

## پاشكۆی ژمارە ٢
## بەیاننامەی حزبە كوردستانییەكان دەربارەی دامەزراندنی بەرەیەك لە كوردستانی عیراق

لە ١٨ی تەموزی ١٩٨٧دا كۆبونەوەیەك بە ئامادەبونی نوێنەرانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و حزبی سۆسیالیستی كوردستان- عیراق و پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان و پارتی سۆسیالیستی

کورد (پاسۆك) و پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق ساز کرا.

شاندی سەرکردایەتیی ئەو حزبە برایانە لەو کۆبونەوەیە ئامادە بون. کۆبونەوەکە لە کەش و هەوای لێك تێگەیشتنێکی تەواوو هەست بە لێپرساوەتیی مێژویی بەرامبەر بە گەلەکەمان و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەی و بەرامبەر بە گەلی عیراق و مەسەلە نیشتمانییەکەی، بەڕێوە چوو.

کۆبونەوەکە لە رەوشی گشتیی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و جیهانی کۆڵییەوەو چووە سەر باس کردنی دیمەنەکانی گرژیی نێودەوڵەتی و هەڵگشانی بارودۆخی کەنداو بە شێوەیەکی ترسناك و شوێنەوارەکانی جەنگی عیراق- ئێران کە رژێمی سەددام هەڵی گیرساندووەو نەهامەتی و کارەساتەکانی ئەو جەنگەو تیرۆری رژێم لە ناوخۆی وڵات و جەنگی لە ناوبردنی رەگەزپەرستانەی رژێم لە دژی گەلەکەمان لە کوردستان.

کۆبونەوەکە سەرنجی داوە کە ئیمپریالیزمی جیهانی، بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، لە هەوڵی تێکدانی ئاسایی بونەوەی پەیوەندیی نێودەوڵەتان و گەرم و گوڕکردنەوەی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن و بڵاوکردنەوەی موشەکی ئەتۆمی دایە لە ئەوروپاو دەیەوێ، بە وروژاندنی مەترسیی هەڵایسانی جەنگێکی ئەتۆمیی وێرانکەر، هەڕەشە لە ئاشتی بکات.

بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد وەك پەلێکی گرنگی بزوتنەوەی رزگاریخوازی جیهان، لە ڕوی ئۆرگانیکییەوە بە هێزەکانی ئاشتییەوە بەستراوەتەوەو وەك تەواوی گەلان بە ئومێدی دنیایەکی بێ شەڕوشۆڕە، بۆیە ئەم جوڵانەوەیە پشتیوانی لە تێکڕای ئەو پێشنیارە ئاشتیخوازییانە دەکات کە مەبەستیان راگرتنی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن و دورخستنەوەی مەترسیی هەڵگیرسانی جەنگێکی ئەتۆمییە، بەتایبەتی کە کوردستان- لە گۆشەنیگای ستراتیجی ئیمپریالیزمەوە- کەوتۆتە ناو هێڵی شین (کە بە بازنەی مردنی ئەتۆمی ناسراوە)، چونکە لە هەر جەنگێکی ئەتۆمیدا، چ ناوچەیی و سنوردار بێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چ جیهانی بێ، بۆمبە ئەتۆمییە بەراییەکان بەر گەلە بێ وەیەکەی خۆمان دەکەون کە لە هەموو رێوشوێنێکی بەرگری لە خۆ کردن، تەنانەت بەرامبەر بە چەکی ئاساییش، بێ بەشە.

جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد وەك لایەنێکی زۆر گرنگی بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی عیراق لە ریزی هێزە رزگاریخوازو ئاشتیخوازەکانی ناوچەکەو جیهان دایە.

کۆبونەوەکە لە رەوشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوو پەیوەندیی پتەوی نێوان روداوەکانی ناوچەکەو بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی کۆڵییەوەو چووە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاستی گرژی لە کەنداو روی لە هەڵکشانە بە شێوەیەکی ترسناك، ئەویش لەبەر دەستێوەردانی عەسکەریی ئەمریکا لەسەر داوای رژێمە کۆنەپەرستەکان و لە چوارچێوەی سیاسەتی بە عەرەب کردن و بە نێودەوڵەتی کردنی جەنگی عیراق- ئێران بە قازانجی رژێمی سەددام.

کۆبونەوەکە پشتیوانیی خۆی بۆ هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بانگەوازی یەکێتیی سۆڤێت و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی تر بۆ دەرچونی کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی تر لە کەنداوو وەستاندنی شەڕی کەشتییە نەوتبەرەکان و بەربەست کردنی گرژی بە مەبەستی رزگارکردنی گەلانی ناوچەکەو بۆ ئەوەی لولەی تفەنگەکان روی لە سینگی عەفلەقییە فاشیستەکان بێ، دەربڕی.

کۆبونەوەکە تێبینیی کردووە کە هێزە ئیمپریالیستەکان و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، چەند ساڵێکە شالاوێکی دڕندانەی پڕ زەبروزەنگیان هێناوەتە سەر گەلان و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکانی ناوچەکە، لەوانە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بۆ سەندنەوەی پێگە لەدەستدراوەکانیان و سەپاندنی هەژمونی خۆیان و تالان کردنی سەروەت و سامانی زۆرو زەوەندی ناوچەکەو بەدەستهێنانی هەڵکەوتی ستراتیجیی گرنگی ئەو گەلانە. وەڵامدانەوەی ئەم شالاوە بە یەکخستنی ریزەکانی بزوتنەوە رزگاریخوازییەکانی ئەو گەلانە دەبێ. کۆبونەوەکە بە خۆشییەوە پێشوازیی لە هەوڵەکانی پتەوکردنی یەکێتیی رێکخراوی رزگاریی فەلەستین کرد لەسەر بنچینەی دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و لەپێناوی گەڕانەوەو مافی چارەی خۆنوسینی گەلی عەرەبی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی سەربەخۆ لەسەر خاکەکەی خۆی، هەروەها کۆبونەوەکە پێشوازیی لە هەوڵەکانی گێڕانەوەی یەکپارچەیی گەلی لوبنان کرد، هەروەك پشتگیریی لەو هەنگاوانەش کرد کە ئامانجیان تۆکمەکردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکەیە، لەوانە ئەو هەوڵ و کۆششەی کە لە گۆڕەپانی نیشتمانیی عیراق دەدرێ.

کۆبونەوەکە رۆشنایی خستە سەر رەوشی عیراق لە سایەی تاقمی فاشیستی عەفلەقی کە بە ئاگرو ئاسن بەردەوامە لەسەر داپڵۆسینی گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمینەکانەوەو رۆڵەکانی گەل لە دۆزەخی شەڕی شومی قادسیە، کە وا خەریکە پێ دەنێتە ساڵی حەوتەمەوە دەسوتێنێ، ئەو جەنگەی کە سەددامی تاوانباری جەنگ بە فیتی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و لە جیاتی ئەوان و بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندییەکانیان، لە دژی ئێرانی دراوسێ هەڵی گیرساندووە، ئەو جەنگەی کە لەگەڵ ئاوات و بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی دۆستی عیراق و ئێران و ئامانجەکانی بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی جیهانی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رێکناکەوێ.

ئەم جەنگە سەدان هەزار لاوی عیراقی لە ناو بردوەو هەر بەردەوامیشە، زیانی گەورەشی بە ئابوریی نیشتمان گەیاندووەو بە هۆیەوە عیراق گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە نزیکەی سەد ملیار دۆلار قەرزارە. رژێم لە ژێر کاریگەریی شکستە عەسکەری و سیاسییەکانیدا هانای بردۆتە بەر جەنگی شارەکان و لێدانی دانیشتوانی سیڤیل و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغەکراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتان، چ لە بەرەکانی جەنگدا، چ لە دژی دانیشتوانی سیڤیل لە کوردستانی عیراق و ئێران. هەروەها رژێم چەندین جار بە هەڵەداوان پەنای بردۆتە بەر دەوڵەتە کۆنەپەرستە دراوسێکان، لەوانە کۆنەپەرستانی کەنداوو لەم سەروبەندەدا سەروەریی نیشتمانیی عیراقی بە فیڕۆ داوە، هەروەك بۆ پاراستنی خۆی دریغیی لە هانا بردنە بەر هێزە ئیمپریالیستەکان و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانیان نەکردووە. مەینەتیی جەنگ بە هەموو وەیشومەکانییەوە هەر بەردەوامە لەسەر هاڕینی گەلەکەمان.

کۆبونەوەکە لە رویەکی رەشی دیکەی رژێم دوا، ئەویش روی رەشی رژێمە لە ناوخۆدا و جەنگەکەی تری، جەنگی رەگەزپەرستانەی لە ناوبردنی گەلەکەمان لە کوردستان. ئەو جەنگەی کە رژێم ئەمڕۆ سەرقاڵی جێبەجێ کردنی دڕندانەترین و شەڕانگێزترین قۆناغێتی لە ناوەڕاستی نیسانی رابردووەوە. ئەم جەنگە سوتاندن و کاول کردنی زیاتر لە هەزار گوندو شارۆچکەی کوردنشین و ئاوارەکردن و دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکانی لێ کەوتۆتەوە. سەدان هەزار هاوولاتی، وەك چۆن درەخت لە

رەگەوە هەڵدەکەنرێ، لە ماڵ و کێڵگەو گوندەکانیان هەڵکەنراون و پاشان کاربەدەستە شۆڤێنیستەکان بە ئوتومبیلی عەسکەری بەرەو بیابانەکانی باشورو رۆژئاوای عیراق لەسەر سنوری سعودیەو ئوردون راپێچیان کردون. لە ١٥ی نیسانیش بەدواوە، رژێم دەستی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کردووە، بەتایبەتی گازی ژەهراوی (گازی خەردەل و گازی دی ڤۆسگین) دژی دانیشتوانی دەیان گوند لە پارێزگاکانی کەرکوك، سلێمانی، هەولێرو دهۆك. لە ئەنجامدا سەدان هاووڵاتی شەهیدو بریندار بون، بە رەچاوکردنی ئەوەی کە زۆربەی شەهیدەکان لەو منداڵانەن کە چەکی کیمیایی کردونی بە قەرەبروت. هەر بۆ نمونە، گوندی شێخ وەسان لە پارێزگای هەولێر بە تەواوی لە ناو برا، تەنانەت ئاژەڵ و رووەکەکانیشی رزگاریان نەبوو. لە هەموو ئەو شوێنانەی کە چەکی کیمیایی تێدا هاتۆتە بەکارهێنان، هەزاران ئاژەڵ لە ناو چون یان کوێرو ئیفلیج بون، درەختەکان وشك بونەوەو گەڵاکانیان هەڵوەرین. ئامانجی رژێم لە ناوبردنی گەلە بێ وەیەکەمان و سڕینەوەی روخسارە نەتەوەیی و کەلتورە رەسەنەکەیەتی.

پاڵنەرو هۆیە راستەقینەکانی ئەم تاوانانە دەگەڕێنەوە سەر بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی بورژوازیی بیرۆکرات و مشەخۆری دەسەڵاتدارو ئایدیۆلۆژیا شۆڤێنیستییەکەی حزبی عەفلەقییەکان. ئەم ئایدیۆلۆژیایە دژی نەتەوەکانی ترو مافە نەتەوەییە رەواکانیانە، بەتایبەتی گەلی کوردو لەم سەروبەندەدا رژێم بەردەوامی بە سیاسەتەکەی خۆی دەدا بۆ بە عەرەب کردنی کوردستان و سڕینەوەی شوناسە نەتەوەییەکەی و ریشەکێش کردنی بونی مرۆڤانەی.

کۆبونەوەکە بەوە گەیشت کە وەڵامی دروست بۆ رژێم و جەنگی زاڵمانەی، پەنا بردنە بۆ چەکی تاقیکراوەی خەبات، چەکی بەرەو یەکێتیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق، بەتایبەتی یەکێتیی ئەو هێزە کوردستانییانەی کە رۆژانە، لە ڕوی عەسکەری و سیاسی و میدیایی و سایکۆلۆژییەوە، راستەوخۆ روبەڕوی هێرشە دڕندانەکانی رژێم دەبنەوە.

کاروانی ئاشتبونەوەی نیشتمانیی گشتی کە نزیکەی ساڵێکە کەوتۆتە رێ، جەماوەری هێناوەتە جۆش، ورەی بەرز کردونەتەوە، وای لێ کردون ئامادەتر بن بۆ خەبات بە جۆرەها شێوەو هەلومەرجێکی باشتری بۆ کاری نیشتمانی و دیموکراتیی هاوبەش پێك هێناوە. ئەنجامی راستەوخۆی ئەو ئاشتبونەوەیە، هەڵکشانی ئاستی بەرەنگاربونەوەی دلێرانەو سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەو بەرگریی میللی بوو لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی رژێمی شۆڤێنی کە نیازی وێرانکردن و راگواستنی هەبوو و بەرگری کردن لە گوندە هەڕەشەلێکراوەکان، سەرباری راپەڕینی قارەمانانەی جەماوەر لە شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر لە ناوەڕاستی ئایاری رابردوودا.

کاتی ئەوە هاتووە رێبازی ئاشتبونەوەی نیشتمانی، کە تا ئێستا شێوەی هاوپەیمانیی دوقۆڵی و فۆرمی پەیوەندیی تێکۆشەرانەی چەند لایەنێکی وەرگرتووە، قوڵتر بکرێتەوەو فۆرمێکی دیکەی کاری هاوبەشی بۆ دابین بکرێ. کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندیی ئێستا پەرەی پێ بدرێ و بگەیەنرێتە ئاستی بەرەیەکی کوردستانی لەسەر بنەمای دیموکراتییانە، چ لە روی ئامانجەوە، چ لە روی پەیوەندیی نێوان لایەنەکانەوە، چ لە روی پەیوەندیی نێوان ئەو لایەنانەو باقی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانیی عیراقەوە، هەروەها چ لە ڕوی پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵکەوە. کۆبونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی هەنگاوێکی گەورەیە رووەو بەرەی نیشتمانیی فراوانی عیراق بە

هاوكاریی هەموو هێزو حزبە نیشتمانییە دیموكراتی و ناسیۆنالیست و ئیسلامییەكان و ئەم بەرەیە دەبێتە مایەی دروست كردنی پرد بۆ سەقامگیركردنی هاوخەباتیی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردو بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی عەرەب و هەموو بزوتنەوە رزگاریخوازییەكانی گەلانی ناوچەكەمان. ئەم بەرەیە بە هیچ شێوەیەك ئەلتەرناتیڤی بەرەی خوازراوی سەرتاسەری عیراق نیە، بەڵكو كوانوویەكە بۆ جۆشدانی خەباتی هێزە شۆڕشگێڕەكانی عیراق لە دژی فاشیزم و جەنگ، سەرباری ئەوەی كە بەرەی كوردستانی هەنگاوێكی لەبارە بۆ تەواوكردنی هاوپەیمانییە دوقۆڵییەكانی نێوان حزبە كوردستانییەكان و كاركردن بۆ كۆكردنەوەی وزەو تواناكانی جەماوەری گەل و هێزەكانی شۆڕشی كوردو بەگەڕخستن و یەكخستنیان بە ئامانجی بەرگری كردن لە گەلی كوردو بون و شارستانێتییە دێرینەكەی و روبەڕوبونەوەی جەنگی رەگەزپەرستانەی جینۆسایدو هێنانە دیی مافە نەتەوەییە رەواكانی لە چوارچێوەی عیراقێكی دیموكراتدا.

گومانی تێدا نیە كە كۆمەڵانی خەڵك و هێزە نیشتمانییە دڵسۆزەكان و تەواوی دۆستانی گەلی كوردو گەلی عیراق پێشوازی لە یەكخستنی هێزەكانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی كورد لەسەر بنەمای دیموكراتییانەو بە ئامانجی گونجاو لەگەڵ ئامانجەكانی جوڵانەوەی نیشتمانیی عیراق دەكەن، كە ئەمەش مایەی پتەوكردنی هاوخەباتیی كوردو عەرەبە.

یەكخستنی بزاڤی رزگاریی كورد هەم خزمەتی یەكێتیی تێكۆشانی سەرجەم گەلی عیراق و هێزەكانی دەكات هەم ئەو یەكێتیی تێكۆشانە بەگوڕتر دەكات. یەكبونی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد مەرجێكی زۆر گرنگی یەكبونی بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراقە. پێچەوانەكەشی راستە، چونكە لەنێوان مەسەلەی نیشتمانی- دیموكراتیی عیراق لە لایەك و مەسەلەی رەوای كورد لە لایەكی ترەوە، پەیوەندییەكی ئۆرگانیكی هەیە. چارەسەركردنی هەردوو مەسەلەش بە یەكترییەوە بەستراوەتەوە، بەڵام ئەو چەوسانەوەیەی كە جەماوەری كوردستان دوچاری بووە، هەمیشە چەوسانەوەیەكی دوو بەرابەر بووە، هەم لە ڕوی سیاسییەوە هەم لە روی كۆمەڵایەتییەوە، كە ئەمەش لە ناو مەسەلە گرنگەكانی عیراقدا تایبەتمەندییەك بە مەسەلەی كورد دەبەخشێ. ئەم تایبەتمەندییە رەنگدانەوەی لەسەر خەباتی كوردو شێوە هەمەجۆرەكانی ئەو خەباتە هەیە، بەتایبەتی خەباتی چەكداری درێژخایەن و سیستماتیك و بەرفراوان. ئەم چەشنە تایبەتمەندییە بایەخێكی زۆر بە گرێدانی ئەم دیدارە نیشتمانییە كوردستانییە دەبەخشێ، چونكە هەلومەرجی خۆیی و بابەتییانەی كۆبونەوەكە بە چاكی خەمڵیوە، لە كاتێكدا كە لە ئاسۆوە سەرو سیمای خەمڵینی دیدارێكی نیشتمانیی بەرفراوانی عیراقی و هەروەها سەرو سیمای هەندێ دەستپێشخەریی باش دەبینرێ، كە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی كە پێكهێنانی بەرەیەكی كوردستانی ببێ بە هۆیەكی هاندەر بۆ پێكهێنانی بەرەیەكی نیشتمانیی عیراقی و فاكتەرێكی هاندەر بێ بۆ بزوتنەوە رزگاریخوازییەكانی ناوچەكە. لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاوە، هێزە شۆڕشگێڕەكانی ناوچەكە لە دۆخی پاشەكشەو پوكانەوەو لێكترازان و پەرتەوازەیی دان. دیارە ئەمەش بە رونی لە بزوتنەوەی نیشتمانی و پێشكەوتنخوازی عیراقدا رەنگی داوەتەوە، هەرچەند هەلومەرجی خۆیی و بابەتی بۆ خەباتی سیاسیی جەماوەری و چەكدار لەبار بووەو هەرچەند بنكەیەكی شۆڕشگێڕی فراوان لە كوردستانی عیراق هەبوە. لەبەر ئەوە یەكێتیی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد

وەڵامـدانـەوەی بەشێکی زۆری ئـەم داڕوخانـەیـەو بانگەوازێکیشە بۆ هەڵسانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی نوێی گەلانی ناوچەکە.

ئەمڕۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد فراوانترین جوڵانەوەی رزگاریخوازی جەماوەریی چەکدارە لە ناوچەکەو لە جیهاندا، بەمەش بزوتنەوەکە گەشانەوەی نـیـوەی یـەکـەمـی حـەفـتـاکـان بـەدەسـت دێـنـێـتـەوە. ئەمڕۆ گۆڕەپانی کوردستان یەکێ لەو گۆڕەپانە هەڵکەوتووانەی جیهانە کە شارۆچکەکانی، ئەم جۆرە بەرگری و راپەڕینە جەماوەرییە چەکدارو سیاسییانە بە خۆیانەوە دەبینن، وەك ئـەوەی کە لە ناوەڕاستی ئایاری رابردودا رویدا، سەرەڕای دڕندەیی و تۆقاندنی رژێم. گۆڕەپانی کوردستان تەنها گۆڕەپانێکیشە کە رژێمی رەگەزپەرست تێیدا چەکی کیمیایی بەسەر دانیشتوانی سیڤیلی کـوردداکـە هـاووڵاتـیـی ئـەو رژێمەن، دەبارێنێ.

رێـگـای راسـتـی سەرکەوتنی گەلی کوردستان یەکێتیی تێکۆشانێتی لەگەڵ جەماوەری گەلانی نـاوچـەکـە لـەپـێـنـاوی رزگـــاری و پێشکەوتنی کۆمـەڵایـەتـیدا. هـەر گۆڕانێـکـی دیـمـوکـراتـی و شۆڕشگێڕانە لەو وڵاتانە، لە ئەنجامدا، لە قازانجی پێشکەوتنی مەسەلەی کورد دایە، هەروەها گەشەکردن و سەرکەوتنی شۆڕشی کورد مایەی بۆ پێشەوە بردنی پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی ئەو گەلانەیە، هەم پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی یەکە یەکەی ئەو گەلانە هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە، چونکە شۆڕشی کورد دینامیکیاو وزەیەکی زۆرو زەوەندی مت و شاراوەی هەیە.

سەرکەوتنی شۆڕشی کورد سەرکەوتنی ویستی جەماوەری گەلانی ناوچەکەیە رووەو رزگاربون لە هەژمونی ئیمپریالیزم و رژێمە دیکتاتۆرییەکان. لەبەر ئەوە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دوچاری پیلانی نێودەوڵەتی و فشاری توند بووەو بەردەوام توشی دەبێ بە مەبەستی گەمارۆدان و تەفروتوناکردنی. بۆیە ئەمڕۆ چاکترین وەڵام یەکێتیی ریزەکانێتی، بەتایبەتی لـەو کـاتـەدا کە تێیدا بایەخدان بە مەسەلەکەمان، لەسەر ئاستی ناوچەکەو لەسەر ئاستی جیهان، زیادی کردووە، هەروەك تێگەیشتنی ئاواتە رەواکانی گەلی کوردستان پەرەی سەندووە. تاقیکردنەوەکانی مێژوی ئەم دواییە سەلماندویانە کە هێشتنەوەی مەسەلەی کورد بەبێ چارەسەر نەك هەر زیانێکی گەورە تەنها لە گەلی کورد دەداو پێشکەوتنی دوا دەخا، بەڵکو زیانی کاریگەر بەو گەلانەش دەگەیەنێ کە لەگەڵیدا دەژین. هێشتنەوەی مەسەلەی کورد لە عیراقدا بەبێ چارەسەرێکی دادپەروەرانە، یەکێ لە هۆکانی ئەو رەوشە مەینەتبارەیە کە لەسەر دەستی رژێم بەسەر گەلی عیراق و گەلانی دیکەی ناوچەکەدا هاتووە. بە هەمان پێودانگ، ئاشتیی خوازراو لە ناوچەکەدا بەندە بە چارەسەری دادپەروەرانەی مەسەلەکەمان بە جۆرێك کە زوڵمی مێژویی لەسەر گەلی مافخوراوی کورد هەڵبگیرێ و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد، وەکو هەموو گەلانی جیهان، بسەلمێنرێ.

کۆبـونـەوەکە رێزێکی زۆری لـەو پشتیوانییە کاریگەرە نا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەروەها کۆماری عەرەبی سوریاو کۆماری عەرەبی لیبیاو هەموو هێزە رزگاریخوازەکان و دۆستانی گەلەکەمان، پێشکەش بە خەباتی گەلی عیراقی دەکەن بە کوردو عەرەب و کەمینەکانەوە.

کۆبـونـەوەکە جەختی کـردە سـەر بەهێزکردنی هاوبەستەگی لەگەڵ رێبازی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم کە ئێران، سوریا، لیبیاو دەوڵەتە نیشتمانییەکانی ترو بزوتنەوە رزگاریخوازییەکانی رۆژهەڵاتەکەی خۆمان پیادەی دەکەن، ئەو هاوبەستەگییەی کە بۆ سەرکەوتنی خەباتی هاوبەشی گەلانمان زۆر پێویستە.

لە کۆتاییدا کۆبونەوەکە لێکۆڵینەوەکانی خۆی

دەربارەی مەرجە خۆییەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد پوخت کردەوەو بەو ئەنجامە گەیشت کە پێویستە بەرەیەکی کوردستانی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە نیشتمانییە پیرۆزانەی خوارەوە پێك بهێنرێت:

یەکەم- کارکردن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی بۆ سەرتاسەری عیراق.

دووەم- روخاندنی رژێمی فاشیستی رەگەزپەرست و هێنانە کایەی رژێمێکی نیشتمانیی دیموکرات لە عیراقدا کە وڵات بخاتە سەر رێگای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و عیراق بکاتە پێشەنگی ئەو هێزانەی کە دژایەتیی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی دەکەن.

سێیەم-کۆتایی هێنان بە جەنگ و هێنانە کایەی ئاشتییەکی دادپەروەرانە لە نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێی عیراق و ئێران بە جۆرێك کە رێز لە سەروەریی هەرێمایەتیی هەردوکیان بگیرێت و مافە رەواکانی هەردوو گەلی دراوسێ دەستەبەر بکرێت.

چوارەم- مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی ئازاد.

پێنجەم- بەرگری کردن لە کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان و خەبات لەپێناوی بەدی هێنانی مافە کەلتوری و ئیدارییەکانیاندا.

هەروەها کۆبونەوەکە بریاریدا هەندێ حزبی سیاسیی نیشتمانیی سەر گۆڕەپانی کوردستان بانگهێشت بکات بۆ بەشداری کردن لەو بەرەیە، هەروەك ئەوەش راگەیەنرا کە دەرگای بەرە بۆ هەموو هێزو کەسایەتییە کوردستانییەکان بە هەموو ئاراستە نیشتمانییەکانیانەوە واڵایە.

هەروەها بڕیار درا کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بۆ لێکۆڵینەوەو دانانی بەرنامەو پەیرەوێکی ناوخۆ پێك بهێنرێ بۆ ئەوەی ئەو کۆمیتەیە تا دامەزراندنی بەرە بە دوای کارەکاندا بچێ. بەم بۆنە مێژووییەوە سڵاو بۆ هەموو شەهیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق و هێزی قارەمانی پێشمەرگەو جەماوەری خۆڕاگری کوردستان دەنێرین و پێیان رادەگەیەنین کە قۆناغێکی تازەی خەباتی پێشەنگەکانی گەل دەستی پێ کردووە، هەروەها داوا لە کرێکاران و جوتیاران و رۆشنبیران و هەموو توێژەکانی گەل دەکەین لە دەوری ئاڵای بەرە تێکۆشەرەکەیان کۆ ببنەوە.

هەروەها داوا لە چەکدارە هەڵخەڵەتێنراوەکان دەکەین ریزەکانی رژێم بەجێ بهێڵن و بێنە بەرەی گەل بۆ ئەوەی روی چەکەکانیان ئاراستەی سینگی فەرمانڕەوا فاشیستەکان بکەن. هەروەها داوا لە هەموو گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دەکەین بکەونە کارکردن بۆ پەلەکردن لە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی گشتگیری عیراق و جۆشدانی خەبات بە هەموو شێوەکانییەوە دژی رژێمی فاشیست بۆ روخاندنی و رزگارکردنی وڵات لە تاوانەکانی و لە نەهامەتیی جەنگەکانی.

بە هەمان شێوە داوا لە هەموو دۆستانی گەلەکەمان و هێزە ئاشتیخوازو پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستەی رێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان و رای گشتیی جیهان دەکەین هەڵمەتی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە تاوانەکانی رژێمی سەددام و جەنگی رەگەزپەرستانەی لە ناوبردن دژی گەلەکەمان لە کوردستانی عیراق پەرە پێ بدەن و پشتیوانی گەلەکەمان بن لە مەینەتی و خەباتە رەواکەیدا.

پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)
پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان
حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عیراق
پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٣٠ی تەموزی ١٩٨٧

## پاشكۆی ژماره ٣
## بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی كوردستانی

كۆمەڵانی خەڵكی تێكۆشەر

لە سۆنگەی هەست كردن بە بەرپرسیارێتیی مێژویی بەرامبەر بە چارەنوسی گەلەكەمان و مەسەلە رەواكەی و هەروەها لە سۆنگەی پەی بردن بە پێداویستییەكانی خەباتی سەركەوتوو بۆ خرۆشاندنی وزەو توانای گەلەكەمان، حزبە تێكۆشەرەكانی سەر گۆڕەپانی كوردستان، پارتی سۆسیالیستی كورد (پاسۆك) و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی كۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان و حزبی سۆسیالیستی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان، لە كۆتایی نیسان و سەرەتای ئایاری ١٩٨٨ كۆ بوونەوەو رێوشوێنەكانی یەكخستنی خەباتیان لە دژی فاشیزم و جەنگ تاوتوێ كردو بەو بڕیارە مێژوییە گەیشتن كە بەرەی كوردستانی عیراق وەك ئامرازێكی تاقیكراوە بۆ سەركردایەتی كردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی كوردو یەكخستنی هێزو دامودەزگاكانی شۆڕش دابمەزرێنن، لەپێناوی بەربەرەكانێ كردنی رژێمی دیكتاتۆرو تۆقاندنە سەرتاپاگیرەكەی لە دژی گەلی عیراق بە گشتی و لە دژی گەلی كورد بە تایبەتی. ئەم رژێمە پەنا دەباتە بەر جۆرەها شێوازی كوشتن و كاول كردن و روخاندنی زۆربەی گوند و شارۆچكە كوردنشینەكان و لەم سەروبەندەدا سڵی لەوەش نەكردۆتەوە كە جەنگی لە ناوبردنی گەلی كورد بگەیەنێتە ئاستێكی ترسناك، بەتایبەتی لە ئۆپەراسیۆنەكانی بەعەرەبكردن و راگواستن و كۆمەڵكوژی و بەكارهێنانی چەكی كیمیایی قەدەغەكراودا، وەك ئەوەی كە ساڵی پار لە ناوچەكانی دۆڵی جافەتی، بالیسان، دەشتی كەركوك و دێهاتی ئامێدی رویداوەو لە كۆتاییشدا رژێم لە شاری هەڵەبجەی شەهیددا تاوانەكانی جەنگە رەگەزپەرستییەكەی گەیاندە لوتكە و جۆرەها چەكی كیمیایی باراندە سەر شارەكە، لە ئاكامدا كوشتارێكی ترسناك كە قوربانییەكەی دە هەزار شەهیدو بریندار بوو، قەوما. ئەم تاوانە سامناكە ویژدانی ملیۆنەها كەسی جوامێرو رێكخراوو دەستە دیموكرات و مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەكانی جیهانی هەژاند. بۆیە، بە شێوەی جیاواز، نارەزاییان بەرامبەر بەم تاوانەی رژێمی تۆقێنەر دەربڕی. زۆر دەنگی جوامێر لە جیهان بەرز كرایەوە كە داوایان كرد رۆژی بۆردومان كردنی هەڵەبجە بكرێتە «رۆژی جیهانیی تێكۆشان بۆ قەدەغەكردنی چەكی كیمیایی».

هاووڵاتییانی بەشەرەف

لە ژێر دارو پەردووی وێرانەو خانوی روخاو، تروسكایی ئومێدێكی گەورە دەبینرێ كە زادەی دامەزراندنی بەرەی كوردستانی عیراقە. ئەم بەرەیە رەنگدانەوەی سەركەوتنی ئاشتبونەوەی نیشتمانیی گشتییە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا و جەخت كردنیشە لەسەر ئەوەی كە بەرە چەكێكی تاقیكراوەو بەدەستوبردە بۆ بەرپەرچدانەوەو روخاندنی رژێمە سەركوتكەرەكان. بەرە، لە ژێر هەر هەلومەرجێكدا، تەنها دەرەنجامی كۆكردنەوەی هێزەكانی لایەنە شۆڕشگێڕە بەشدارەكانی نیە، بەڵكو زۆر لەمە گەورەترە، چونكە گوزارشت لە ئاوات و بەرژەوەندییە بنچینەییەكانی گەلەكەمان دەكات و زەمینەیەكی گونجاویشە بۆ بەهرەمەندبون لە وزەكانی داهێنان كە هەلومەرجی دوبەرەكی و لێكترازان هەلی دەركەوتنی بۆ پێك نەهێناون. جگە لەوە، گیانی بەرەیی راستەقینە دەتوانێ ئەو درزانە نەهێڵێ كە دوژمن بۆ تێپەڕاندنی پلانە تاوانكارییەكانی هەوڵی قۆستنەوەیان دەدا. بەر لە هەموو شتێك، خەباتی بەرەیی لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەو فۆرمەیە كە دەتوانێ یەكێتیی جوڵانەوەی

رزگاریخوازی کورد، لە ناوەوەو دەرەوە، بەرجەستە بکات و گوتاری یەکگرتوو و هێزی راستەقینەی بۆ هەموان بسەلمێنێ.

بەرە لە کاتێکدا راگەیەندراوە کە تێیدا رژێم لە ژێر دروشمی «پاکتاوکردنی بنکەکانی ئۆپۆزیسیۆن» لەشکرکێشییەکی دڕندانەی دەست پێ کردووە، بە مەبەستی جێبەجێ کردنی مەرامە شۆڤێنییەکەی بۆ وێرانکردن و بەعەرەب کردنی کوردستان پاش چۆڵ کردنی لە دانیشتوانە رەسەنەکەی. ئێستا لە شاری کەرکوك و ئەوەی لە دێهاتەکانی ئەم پارێزگایە ماوەو لە قەزا کوردنشینەکانی سەر بە پارێزگاکانی سەلاحەددین و دیالەو شوێنی تر، دەست بە دەرکردنی دەیان هەزار هاووڵاتی کراوە، هەروەك شارۆچکەی قادر کەرەمیش روخێنراوەو دانیشتوانەکەی راگوێزراون، سەرباری چەندین هەنگاوی تری شۆڤێنییانە. پێویستیی خۆکۆکردنەوەو بەرەنگاربونەوەی رژێمی تۆقێنەرو کردەوەکانی بە شێوەیەکی توندوتۆڵ و خێرا، هاندەرێك بوو بۆ یەکخستنی گروپەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانیدا کە دوو ساڵە خەبات بۆ هێنانە دیی دەکرێ. وا ئەمڕۆ کۆششەکە بە ئاکام گەیشت و رێککەوتن لەسەر بەرنامەو پەیڕەوە ناوخۆکەی کرا. بەرە لە دەستپێکی ئەرکەکانیدا جەختی کردە سەر ئەوەی کە زەمینەسازی بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی سەرتاسەری عیراق دەکات، بۆ بەگەڕخستن و رێکخستنی وزەو تواناکانی گەلی عیراق، بە هەموو نەتەوەو تایفەو هێزە نیشتمانییە تێکۆشەرەکانییەوە، لە دژی دیکتاتۆریای فاشیست و جەنگ، لەپێناوی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆرو هێنانە کایەی حکومەتێکی فرەیی نیشتمانیی دیموکرات کە ماف و ئازادییە دیموکراتییەکانی گەل دابین بکات و تەواوی مافە نەتەوەییە رەواکان بۆ گەلی کورد بسەلمێنێ.

بەرە تێدەکۆشێ بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی لە ناوبردنی رەگەزپەرستانە کە تاقمی فاشیست بەسەر گەلی کورددا سەپاندویەتی، ئەویش لەسەر بنەمای چارەسەری ئاشتییانەو دادپەروەرانەی مەسەلەی کورد لە کوردستان.

تاقمی دیکتاتۆری فاشیست و میدیا ئیمپریالیستییەکان هەوڵی پەنهان کردنی مەسەلەی رەوای گەلەکەمان و شاردنەوەی بە هۆی جەنگی عیراق- ئێرانەوە دەدەن، لە کاتێکدا جەنگی شۆڤێنییانەی دژ بە گەلەکەمان زۆر لە قادسیەی سەددام کۆنترەو خەباتی گەلەکەمان جیاوازە لە جەنگی عیراق- ئێران و ئەم خەباتە تا بەدیهێنانی ئامانجە رەواکانی هەر بەردەوام دەبێ.

چارەسەری دروستی مەسەلەی کورد تەنها بە وەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد دێتە دی، ئەویش لەو روانگەیەوە کە ئەم چارەسەرە چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانەو ریشەیی و رەوای مەسەلەکەیە.

لە سۆنگەی پەی بردن بە هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرە تێدەکۆشێ بۆ سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عیراق و بەدەست هێنانی تەواوی مافە نەتەوەییە رەواکان بەپێی هەلومەرجی رەخساو، بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی لەسەر گەلی کوردو کەمینە نەتەوەییەکان و هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی جیاکاریی نەتەوەیی و ئاینی و تایفەگەری. بەرە جەخت دەکاتە سەر خەباتی بێوچانی لەپێناوی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە ژیانی کۆمەڵگای عیراقدا لە هەموو بوارەکاندا بۆ دەستەبەرکردنی فراوانترین بری ئازادییە گشتییەکان. کۆبونەوەی دامەزراندن هەڵوەستەیەکی درێژخایەنی لەسەر ئامانجە مەینەتبارەکانی جەنگە رەشەکەی قادسیە کرد کە رژێمە شەڕانگێزەکەی

سەددام لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ وە لە دژی ئێرانی دراوسێ هەڵی گیرساندووەو بۆتە مایەی لاوازکردنی توانا مرۆیی و ماددییەکانی هەردوو گەلی دۆست و دراوسێی عیراق و ئێران و هەردوکیشیانی دوچاری کارەساتی خەمناك کردووەو ئەو دەرفەتەشی بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانە ئیمپریالیستەکانی رەخساندووە کە هێزی خۆیان بە چڕی لە ناوچەکە جێگیر بکەن، بەتایبەتی لە کەنداو، ئەویش دوای بەعەرەبکردن و نێودەوڵەتی کردنی ئەم جەنگە بە هاوکاریی رژێمی دیکتاتۆرو ئەمریکاو کۆنەپەرستانی ناوچەکە بۆ دەست گرتن بەسەر سەروەت و سامانی ئەو گەلانەو جێبەجێ کردنی ستراتیجە شەڕانگێزەکەی ئەمریکا.

کردەوە تیرۆریستییەکانی رژێم دژی گەلی عیراق و جەنگی لە ناوبردنی گەلی کورد و جەنگە شومەکەی قادسیەو ئەنجامەکانی، هەمووی هەڵقوڵاوی ئایدیۆلۆژیای شۆڤێنی و سروشتە فاشیستییەکەی حزبی عەفلەقین. پێویستە لەسەر گەلانی خۆمان و هەموو گەلانی ناوچەکە ئەو پەندە لەو تراژیدیا خەمناکە وەرگرن کە زۆر گرنگە خەبات لە پێناوی ئازادی و فراوانترین دیموکراسیدا بکەن چونکە فەرمانڕەواکان تەنها لە نەبونی ئازادیدا، ئازادیی گەلان لە بەرجەستەکردنی ویستیان لە تەواوی کاروباری ژیان، دەتوانن ئەم جۆرە جەنگە زاڵمانەیە هەڵگیرسێنن.

بەرەی کوردستانی عیراق تێدەکۆشێ بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی عیراق- ئێران و سزادانی تاقمی دیکتاتۆر وەك تاوانباری جەنگ و هێنانە دیی دراوسێتیی باش و تۆکمەکردنی هاوکاریی نێوان گەلانی هەردوو وڵات لە خەباتدا دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و دەستەبەرکردنی مافی گەلی عیراق لە هەڵبژاردنی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بە شێوەیەکی ئازادانەو رێزگرتن لە سەروەریی هەردوو وڵات لەسەر خاکی خۆی بەبێ دەست بەسەردا گرتن و بەبێ لکاندن.

کۆبونەوەی حزبە تێکۆشەرەکانمان هەڵکشانی بەرهەڵستیی فەلەستینییەکانی مشتوماڵ کردو جەختی کردە سەر ئەوەی کە بەرە پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ راپەڕینی دلێرانەی گەلی فەلەستین لە لێواری رۆژئاواو کەرتی غەززەی داگیرکراو دەردەبڕێ. بەرە جەختی کردە سەر ئەوەی کە خۆی بە پشت و پەنای راپەڕینی فەلەستین دەزانێ کە بۆ گەلانی ناوچەکە بۆتە ئیلهامبەخش، وای کردووە متمانە بە سەرکەوتنی یەکجارەکی سەقامگیرتر بێ و تێکۆشانیشی لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی کۆنەپەرست توندوتۆڵتر کردووە.

بەرە رایدەگەیەنێ کە پشتیوانیی تەواو لە خەباتی رەوای گەلی عەرەبی خۆڕاگری فەلەستین بە سەرکردایەتیی رێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین دەکات، ئەو رێکخراوەی کە نوێنەری شەرعیی فەلەستینییەکانەو خەبات لەپێناوی سەرکەوتنی شۆڕشی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیی سەربەخۆ لەسەر خاکی فەلەستین دەکات.

بەرە خۆی بە بەختەوەر دەزانی کە گوێبیستی دەنگوباسی پتەوکردنی یەکریزیی رێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین و دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە زیندوکردنەوەی هاوپەیمانیی سوری- فەلەستینی- نیشتمانیی لوبنانی دەبێت.

کۆبونەوەکە جەختی کردە سەر پەیوەندیی پتەوی تێکۆشەرانەی نێوان جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە لایەك و جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی عەرەب و سەرجەم بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی ناوچەکە لە لایەکی ترەوە.

هەروەها کۆبونەوەکە خۆشحاڵیی خۆی بە کۆششە نێودەوڵەتییەکان دەربڕی، بەتایبەتی دیدارەکانی

یەکێتیی سۆڤیێت- ئەمریکا، بۆ کەمکردنەوەی گرژیی نێودەوڵەتی و لابردنی موشەکە مەودا مامناوەنج و مەودا کورتەکان لە ئەورووپاو کۆشش بۆ کەمکردنەوەی بەرهەم هێنانی چەکی ناوکی و نەهێشتنی چەکی کیمیایی و کارکردن بۆ چەکداماڵین و هێنانە ئارای جیهانێکی بێ شەڕوشۆڕ، کە ئەمەش لەگەڵ پاشەڕۆژو ئاواتی سەرجەم گەلانی زەمیندا دەگونجێت، لەوانە گەلەکەمان.

ئەی رۆڵەکانی گەلە مەزنەکەمان، ژنان و پیاوان لە هەموو توێژەکانی گەل

هێزی پێشمەرگەی حزبە تێکۆشەرەکانمان و جەماوەری ناوچە رزگارکراوەکان لە کاتی پەلاماری دڕاندانەی حوکمی خوێناویدا پشتیوانییان لە جەماوەری شارەکان کردووەو بەدرێژایی یەك ساڵ، بەتایبەتی لە ئازاری ١٩٨٧ بەدواوە، بەرپەرچی لەشکرکێشیی دڕندانەی رژێمیان داوەتەوە. ئێستاش هێزی دلێری پێشمەرگە، بەوپەڕی ئازایەتی و ورە بەرزییەوە، گورزی کاریگەر لە هێز و دامودەزگاکانی رژێم دەوەشێنێ و سورە لەسەر بەدی هێنانی سەرکەوتنی یەکجارەکی.

پێشمەرگەو تێکۆشەرە ئازاکانمان ورەو تین و تاو لە رەوایی مەسەلەی کوردو تێکۆشانمان وەردەگرن، هەروەها لە باوەڕی تەواو بە وزەو توانای داهێنەرانەو لەبن نەهاتووی بیرو مەچەکی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار کە بە ئاگری جەنگ و چەوسانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جیاکاریی نەتەوەیی، چ دژی گەلی کورد چ دژی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان، داغ بون. ئێوە سەرچاوەی خۆڕاگری و ورەی بەرەن، چونکە بەرە گوزارشت لە هیواتان بە ئازادی و رزگاربون لە دۆزەخی فاشیزم دەکات.

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی شارە گەمارۆدراوەکان

بەرە تێکۆشەرەکەتان داواتان لێ دەکا لەدەوری ئاڵاکەی کۆ ببنەوە. ئەمەیە رێگای بەرپەرچدانەوەی تۆقاندن و نەهێشتنی هەلومەرجی سەخت و دژواری ژیانتان و سەندنەوەی مافەکانتان کە دەسەڵات لێی زەوت کردون و بەربەرەکانێ کردنی راگواستن و ستەم و دەربەدەرکردن.

کرێکاران و جوتیاران، رەنجدەرە سەربەرزەکان

راپەڕن دژی ئەو رژێمەی کە بە هەموو شێوەیەك بۆتە هۆی قوڵ کردنەوەی چەوسانەوەتان، چ بە زەوت کردنی ماف و ئازادییەکانتان چ بە داگیرکردنی بەشێکی زۆری بەری رەنج و کۆششتان بە بیانوی دۆخی جەنگ، سەرباری ناردنی رۆڵەکانتان بۆ قەسابخانەکانی مەرگ لە شەڕگەکاندا.

ژنان، خوێندکاران و لاوان

راپەڕن و وەرنە ریزی بەرە تێکۆشەرەکەتان بۆ لە ناوبردنی ئەو تاقمە فاشیستەی کە هیچ رێزێك لە دایکایەتی و منداڵی و ئازادیی پێشکەوتنی زانست و دەرکەوتنی بەهرەو داهێنان ناگرێ و ئەوەندەی لە دەستی هاتبێ کۆسپ و تەگەرەی خستۆتە بەردەم پشکوتنی کەسایەتیی مرۆڤ و زۆریش سوکایەتیی پێ کردووە.

عەسکەرییە نیشتمانپەروەرەکان، رۆڵەکانی هێزە چەکدارەکان

ئەی ئەوانەی لە هەموو یەکەکانی سەر بە رژێم تەفرە دراون و هەڵخەڵەتێنراون.

بەرەکەتان بۆ رزگاربونی خۆتان و خێزانەکانتان تێدەکۆشێ، خوازیارە لەو دۆزەخەی بەهۆی بەردەوامبونی رژێم و تاوانەکانی و جەنگەکەیەوە هاتۆتەوە ئاراوە، رزگارتان بکات. داواتان لێ دەکەین لولەی تفەنگەکانتان ئاراستەی سینگی فاشیزم بکەن و بێنە سەنگەری بەرەوە، سەنگەری گەل، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسودەی خۆتان و لە سایەی ئازادیدا بە مافی ژیان شاد بن و نەفرەتی

ئەو تۆقاندنەتان لەسەر لاچێ کە خوازیارە هەستی مرۆڤانەتان لێ داماڵێ.

ئەی رۆڵە نەبەزەکانی کوردستان، ئەم بەرەیە بەرەی ئێوەیە. ئەمڕۆ مژدەی لەدایکبونی ئەو بەرە تێکۆشەرەی کوردستانتان پێ دەبەخشین کە لەمێژە خەباتتان بۆ کردووە، بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو دامودەزگاکانی شۆڕش یەك بخات، رابەرایەتیی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بکات و تێ بکۆشێ لەپێناوی رزگاریی نەتەوەییتان و رزگاربونتان لە چەوسانەوە، جینۆساید، مەینەتییەکانی جەنگی نارەوا، دەربازکردنی کوردستان لە بەعەرەب کردن و سڕینەوەی روخسارە نەتەوەییەکانی، لەپێناوی ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

داواتان لێ دەکەین لە دەوری بەرەکەتان کۆ ببنەوە، باوەشی بۆ بکەنەوەو تواناو وزەو هەست و دڵ و دەرونتانی پێ ببەخشن. ئەمەیە مەرجی سەرکەوتنی ویستەکەتان، بەرەو بەشدارییەکی کاراو کاریگەر لە جۆرەها رێوشوێنی خەبات لەپێناوی بەدی هێنانی ئەو ئامانجانەی کە لەپێناوی بەدی هێنانیاندا دەیان هەزار شەهیدو قوربانیتان پێشکەش کردووە.

جەماوەری تێکۆشەری گەلی عیراق

بەرەکەمان لە کاتێکدا کە هێزەکانی شۆڕشی کوردستان یەك دەخات، پابەند دەبێ بە ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتییەکانتان و بۆ یەکبونی هێزەکانی گەلی عیراق لە بەرەیەکی سەرتاسەریی عیراقیدا تێدەکۆشێ. ئەو بەرە سەرتاسەرییەی کە ئامانجەکەی رزگارکردنتانە لە مەینەتییەکانی جەنگی فاشیستییانەو بەدیهێنانی دیموکراسی و ئاشتی. داوای پشتگیریتان لێ دەکەین. ئیتر بەرەو پشتیوانییەکی زۆرتر لە مەسەلەی رەوای کوردو داوای درێژەپێدانی تێکۆشان و هاوخەباتیتان لێ دەکەین.

ئەی هێزەکانی بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی عەرەب

جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد هاوپەیمانێکی سروشتی و هەمیشەیی ئێوەیە لە خەباتدا دژی هەژمونی ئیمپریالیزم و دژی زایۆنیزم و کۆنەپەرستی لەپێناوی رزگاربونی تەواو و یەکگرتن و دیموکراسیدا. بەرەکەمان پشت ئەستورە بە پەیوەندیی برایەتیی کوردو عەرەب و ئەم پەیوەندییە بۆ خەباتی هاوبەشمان بە پێویست و گرنگ دەزانێت. بۆیە، چاوەڕێی ئەوەتان لێ دەکەین پشتگیریی بەرەکەمان بکەن، زیاتر پشتیوانی لە مەسەلە رەواکەمان بکەن و لە دژی جەنگی لە ناوبردن کە رژێمی بەغدا هەڵی گیرساندووە بەرگری لە گەلی کوردستان بکەن.

ئەی هێزەکانی ئاشتی و پێشکەوتن لە ناوچەکەو جیهاندا

جوڵانەوەکەمان جوڵانەوەی گەلێکە کە مێژوو زوڵمی لێ کردووە، گەلێکی بێبەشکراو لە مافە مرۆیی و دیموکراتییەکان کە وەك هەموو گەلانی جیهان، بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین تێدەکۆشێ. تاکە وەڵام کە ئەم گەلە لە تاقمە فاشیستەکەی وەردەگرێ، وێرانی و توندوتیژی و لە ناوبردنە، کە گەورەو بچوك لێك جیا ناکاتەوە. بەرەکەمان کە هەڵقوڵاوی ئێش و ئازارو خەبات و خۆڕاگریی قارەمانانەی گەلەکەمانەو گوزارشت لە ئامانجە رەواکانی دەکات، چاوەڕێی پاڵپشتی و پشتگیریتان لێ دەکات و داواتان لێ دەکا دەنگی نارەزاییتان بەرامبەر بە تاوانەکانی رژێمی عیراق لە دژی گەلە بێتاوان و ئاشتیخوازەکەمان زیاتر بەرز بکەنەوە. ئێمە لە کاتێکدا کە رێزێکی زۆرمان بۆ هەموو ئەو دەنگە جوامێرانەی سەرتاسەری جیهان هەیە کە پاش کارەساتی هەڵەبجە پشتیوانییان لە جەماوەری گەلەکەمان کردووەو تاوانە سامناکەکەی

ڕژێمیان شەرمەزار کردووە، داواتان لێ دەکەین بەردەوام بن لەسەر شەرمەزارکردنی ئەم تاوانەو هەر تاوانێکی دیکەی دژ بە گەلەکەمان کە بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەژمێردرێ. با بیرو مەچەکی جوامێرانی ڕۆڵەکانی تەواوی گەلانی زەمین یەکگرن لە دژی ستەمکاری و چەوسانەوەو جەنگ و مەینەتییەکانی، لەپێناوی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتندا.

بەرەی کوردستانی عیراق

١٩٨٨/٥/١٢

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٤
## دەقی بەرنامەی بەرەی کوردستانی

هەزاران ساڵە کورد لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی ژیاوە. گەلی کورد یەکێ لە دێرینترین گەلانی ڕۆژهەڵاتە کە سەرەڕای شاڵاوە یەك لە دوای یەکەکانی کە کراونەتە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، توانیویەتی بونی خۆی لەسەر خاکی کوردستان بپارێزێ و هەمیشە، سەرباری مەینەتی و کارەسات و نەهامەتییەکان، دەستبەرداری خاکی مێژوویی خۆی نەبوە بە درێژایی مێژووە دورو درێژەکەی.

گەلی کورد بەشدارییەکی کارای لە بنیاتنانی شارستانێتییەکانی ناوچەکەدا کردووە لەوانە شارستانێتیی ئیسلامی و زانا گەورەکانی کورد خزمەتی کەلتوری ئیسلام و عەرەبیان کردووە. کورد شان بە شانی گەلانی تر، بەشدار بووە لە نەبەردییە مێژووییەکاندا لە دژی داگیرکەران و دەستدرێژکاران. مێژوو بەوپەڕی شانازییەوە باسی ڕۆڵی سەرکردەی کورد سەلاحەددینی ئەیوبی کردووە کە ڕابەرایەتیی گەلان و لەشکرەکانی موسڵمانانی دژی هێرشی خاچپەرستان کردووە.

لە ساڵی ١٥١٤ دا کوردستان لەسەر دەستی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی، یەکەم دابەشکردنی بە خۆیەوە بینی. ئەم دابەشکردنە دەستپێکی کارەساتی دابەشکردن بوو کە کورد تا ئەمڕۆ پێوەی دەتلێتەوە. دواپین دابەشکردن لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ ڕویدا کە لە ئەنجامدا بەشی باشوری کوردستان (کوردستانی ئێستای عیراق) خرایە پاڵ دەوڵەتی مۆدێرنی عیراق، چونکە سیاسەتی ئیمپریالیستییانەی بریتانیاو فەرەنسا کە خۆی لە ڕێککەوتنە نهێنییەکەی سایکس- پیکۆدا بەرجەستە کردووە کە دواتر ئەمریکاش پشتیوانیی لێ کردووە، پێچەوانەوەو دژی بڕیارو ڕاگەیەندراوو ڕێککەوتننامەو پەیمانە نێودەوڵەتییە واژۆکراوەکان بوو (لەوانە پەیمانی ساڵی ١٩٢٠ی سیڤەر، بڕیارەکانی فەرمانڕەوای عەسکەریی بریتانیاو ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکەی عیراق- بریتانیا کە تێیدا ڕەزامەندی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی کوردی نیشان دراوە).

ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی کۆلۆنیالیستی بووەو لەسەر بنەمای زەوت کردن و داگیرکردنی «خاکی عوسمانی» و ژێردەستەکردنی گەلانی عەرەب و کوردو ئەرمەن و بێبەش کردنیان لە مافی چارەی خۆنوسین دامەزراوە.

مەسەلەی کورد زادەی پرۆسەکانی سەرکوتکردن و دابەش کردنەو هەر ئەمەشە هۆی بنەڕەتیی بەجێمانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و سیاسیی گەلی کورد کە زوڵمێکی مێژوویی گەورەی لێ کراوەو تا ئەمڕۆ، بە چەندەها شێوە، بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵمە تێدەکۆشێ. جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە جوڵانەوەیەکی مێژوویی بابەتییە، ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگای کوردستانە. ئەم جوڵانەوەیە

سەدەیەك زیاترە سەری هەڵداوەو لە سەرەتادا داوای سەربەخۆیی کردووە، پاشان بەشداریی لە بزوتنەوە رزگاریخوازییە دیموکراتییەکانی گەلانی ناوچەکەدا، دژی داگیرکەرە کۆلۆنیالیستەکان و لەپێناوی رزگاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، کردووە.

لە عیراقدا پاش دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرنی عیراق و دابەشبونی کۆمەڵگای عیراق بەسەر دوو نەتەوە سەرەکییەکەی کوردو عەرەبدا، بارودۆخێکی ئابوری-کۆمەڵایەتی، کەلتوری و سیاسیی تازە هاتە ئاراوە کە هەلومەرجێکی خۆیی و بابەتییانەی بۆ بەشداربونی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە بزاڤی نیشتمانیی عیراقدا لە دژی ئیمپریالیزمی بریتانیاو رژێمی پاشایەتیی کۆنەپەرست و دەرەبەگایەتی و دواکەوتن هێنایە ئاراوە، ئەویش لەپێناوی دیموکراسی و رزگاربونی هەموو عیراق و بەدی هێنانی مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد، لەوانە مافی چارەی خۆنوسین. گەلی کورد سەرباری شۆڕش و راپەڕینە دلێرەکانی لە دژی ئیمپریالیزم و لەپێناوی مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی، بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداریی لە نەبەردو راپەڕینەکانی گەلی عیراقدا کردووەو تا ئەمڕۆ بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد بە هەموو گروپەکانییەوە بەشێکی گرنگ و هەرە کاریگەری بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی عیراق پێکدێنێ.

داننانی هێزو کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق و عەرەب لە زووەوە بە گەلی کوردو مافە نەتەوەییە رەواکانیداو هاوکاریی نێوان کۆمەڵانی خەڵکی عەرەبی عیراق و کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە خەباتی رەوایاندا لەپێناوی رزگاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا، فاکتەرێکی یارمەتیدەر بووە بۆ سەقامگیرکردنی تێکۆشانی هاوبەشی کوردو عەرەب کە بە بنچینەی یەکپارچەیی بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی عیراق دادەندرێت و ئەمە خۆی لە خۆیدا پشتیوانییەکی مێژویی گەورەیە لە جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد، بەتایبەتی کە ئەم هاوخەباتییە لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان درێژەپێدانێکی بەربڵاوی هەیە. سەرکەوتنە گەورەکانی تێکۆشانی گەلەکەمان وەك ئەوانەی جاران و هەروەها لە ئایندەشدا، پەیوەستن بە رادەی پتەوکردنی ئەو تێکۆشانە هاوبەشەو سەقامگیرکردنی هاوپەیمانیی نێوان جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردو هێزەکانی شۆڕشی جیهان، لەوانە بزاڤەکانی رزگاریی گەلانی ناوچەکەو لە سەروی هەمویانەوە بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی عەرەب.

جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی عیراق کە بەشێکی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردە، پەی بەوە دەبات کە بەرژەوەندیی بنچینەیی گەلی کورد لە بنەڕەتدا لەوە دایە کە بەشدارییەکی کارا لە تێکۆشانی گەلانی تردا بکات و هەمیشە لە ناو بازنەی بەرپەرچدانەوەی هاوبەش و بەرفراوانی هەژمونی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی و رژێمە شۆڤێنی و کۆنەپەرستەکاندا بێت. لەسەر ئەم بنچینەیە، هێزە نیشتمانییەکانی ناو ئەم بەرەیە بۆ یەکپارچەیی بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی عیراق تێدەکۆشن.

ئەرکی بنچینەیی گەلی عیراق بە هەردوو نەتەوە سەرەکییەکەی کوردو عەرەب و کەمینە نەتەوەییەکانەوە، روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری فاشیستە کە خۆی لە بورژوازیی بیرۆکرات و مشەخۆردا دەبینێتەوە، ئەو بورژوازییەی کە لە لایەن ئیمپریالیزمی جیهانییەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ، هەروەها ئەرکی گەلی عیراق دامەزراندنی رژێمێکی نیشتمانیی دیموکراتە چونکە ناکۆکییە راستەوخۆکەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکەی ئێستامان لە نێوان گەلی عیراق و ئەم رژێمە دیکتاتۆرە دایە. هەر لێرەش پەیوەندیی ئۆرگانیکیی

نێوان دیموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەردەکەوێ و هەروەها لێرەش پێویستی و گرنگیی هاوپەیوەستی و تێکۆشانی هاوبەشی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردو بزوتنەوەی دیموکرات و شۆڕشگێڕ دەردەکەوێ کە ئەمەش دەرهاوێشتەی هاودوژمنی و هاوبەرژەوەندی و هاوئامانجی و هاوئاواتییەو هەر ئەمەش بە واتای داننان بە مافی چارەی خۆنوسین و مافی یەکگرتنەوەی نەتەوەیی نەتەوەی کورددا دێت.

تێکۆشانی هاوبەشی کوردو عەرەب کە بۆ سەرکەوتنی هەردوو بزوتنەوە رزگاریخوازییە دیموکراتییەکەی کوردو عەرەب و بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە گشتییەکەی عیراق شتێکی حەتمی و پێویستە، بە مانای یەکخستنی کۆششەکان و رێکخستنی پلانەکان و بەگەڕخستنی وزەو تواناکان دێت، ئەویش بەپێی پلانی هاوبەش و لە ژێر سەرکردایەتییەکی تێکۆشەرانەی یەکگرتوودا. مێژوو و ئەزمونەکانی خەبات لە عیراق ساغیان کردۆتەوە کە باشترین شێوەو شێوازی خەبات بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی تێکۆشانی هاوبەشی کوردو عەرەب، پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی و دیموکراتیی سەرتاپاگیری عیراقە، بۆیە ئەوانەی بە تەنگ خەباتی هاوبەشی کوردو عەرەبەوەن، دەبێ لێبڕاوانە سور بن لەسەر پێکهێنانی بەرەی سەرتاسەری عیراق بۆ ئەوەی ئەم بەرەیە رابەرایەتیی جەماوەری کوردو عەرەب بکات و هەماهەنگی لە نێوان خەباتی هەردوو جولانەوە رزگاریخوازییە دیموکراتییەکەی کوردو عەرەب بکات، هەر بۆیە بەرەی کوردستانی لە کاتێکدا کە بەردەوام دەبێ لەسەر تێکۆشان بۆ یەکخستنی هێزە سیاسی و عەسکەرییەکانی لایەنەکانی جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ژێر سەرکردایەتیی خۆیدا، لێبڕاوانەو گورج و گۆلانەو بێ کۆڵدان بەردەوام دەبێ لەسەر تێکۆشان لەپێناوی وەدی هێنانی بەرەی سەرتاسەری عیراق و بە هەموو شێوازە چەکداری و جەماوەری و سیاسییەکانی خەبات درێژە بە تێکۆشان دەدات نەك هەر بۆ وەدی هێنانی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، بەڵکو هەروەها بۆ وەدی هێنانی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتی و کۆمەلایەتییەکانی گەلی عیراقیش. بۆیە بەرەی کوردستانی وای دادەنێ کە ئەرکی هەرە لەپێشینەی، کارکردنە بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی پانوپۆڕی عیراقییانە بۆ رزگارکردنی ولات لە فاشیزم و جەنگ و بنیاتنانی عیراقێکی گەشەسەندوو و سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد، سەرباری پێداویستییە مێژوویی و نیشتمانی و کۆمەلایەتییەکانی تر، لەوانە پەرەسەندن و پێگەیشتنی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردو زۆربونی ژمارەی حزب و رێکخراوە سیاسییە جیاوازەکان وەك گوزارشتێك لە پەرەسەندنی کۆمەلایەتی و سیاسی. هەروەها هۆکارێکی گرنگی تر هەیە کە پێویستی بە یەکخستنی خەباتی گروپەکانی جولانەوەی کوردە لە لایەك و پتەوکردنی کاری نیشتمانیی هاوبەشی عیراق لە لایەکی ترەوە، ئەویش بەرپەرچدانەوەی پەلامارە شۆڤێنییە دڕندانەکەی رژێمی فاشیستە کە سەرباری جەنگە مەینەتبارەکەی رژێم لە دژی گەلی ئێرانی دراوسێ لە ئەیلولی ١٩٨٠ وە جەنگێکی جینۆسایدی رەگەزپەرستانەی لە دژی گەلی کوردستان هەلگیرساندووەو کەوتۆتە روخاندنی گوندو شارۆچکەکان و چۆڵ کردنیان لە دانیشتوان و دەربەدەرکردن و لە ناوبردنی دانیشتوانی سیڤیل بە هەموو شێوازێکی کوشتن و وێرانکردن و برسی کردن، لەوانە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. لە راستیدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەم جەنگەدا، پێشهاتێکی سامناکە لە ئۆپەراسیۆنەکانی بە عەرەب کردنی کوردستان و گۆڕینی روخسارە نەتەوەییە

مێژوییەکەیدا کە لە چوارچێوەی نەخشەیەکی شۆڤێنیدا بەڕێوە دەچن کە لەمەوبەر رژێمە کۆنەپەرستە یەك لە دوای یەکەکان جێبەجێیان کردووە. ئەم نەخشەیە، بە شێوەیەکی تایبەت، پاش کودەتا کۆنەپەرستەکەی ٨ی شوباتی **١٩٦٣** بە هەوڵی بە عەرەب کردنی ناوچە نەوتییەکانی خانەقین، دوزخورماتوو، کەرکوك، دەشتی هەولێرو عێن زالە دەستی پێ کردووە. ئەم ئۆپەراسیۆنە شۆڤێنییانە لە دەستپێکی حەفتاکانەوە بە بەربلاوی بەردەوام بون و لە هەڵەبجە گەیشتنە تروپك و زۆر نەهامەتیی مەینەتباری مرۆییان لێ کەوتەوە.

بارودۆخی ناجۆری کوردستان و ئەو کوشتن و بڕین و تۆقاندنەو ئەو کارەساتانەی جەنگی مەینەتبار لەگەڵ ئێران و ئەو وێرانکردنە گشتگیرەی ئابوری و ئەو شێواندنەی کۆمەڵگاو ئەو پێشێلکردنەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە عیراق، هەر هەموی ئەوەی لەسەرمان کردووە بە ئەرك کە دەبێ یەك بگرینەوە و هێزەکانمان یەکخەین و بەرە کوردستانییەکەی خۆمان دابمەزرێنین بۆ ئەوەی گەلەکەمان و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەی، یەکڕیزو یەك سەنگەرو بە ویستێکی پۆلایینی بەگوڕتر، هاوشانی جوڵانەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی عیراق، بەشدار بێت لە رزگارکردنی وڵات لە فاشیزم و جەنگ و هێنانە سەر کاری رژێمێکی نیشتمانی کە دیموکراسی بۆ گەلی عیراق و مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی عیراق بەدی بێنێت.

١-بەرەی کوردستانی

گەلی کورد لە مێژوی تێکۆشانی دورو درێژو سەختی خۆی و لە ئەزمونە شۆڕشگێڕییە پڕ فیداکارییەکانی خۆی و لە خوێندنەوەی مێژوی گەلانی ئازادیخواز، چەردەیەك پەندی پێویست و بەسود فێر بووە، لەوانە:

یەکەم: هەر گەلێك، بە شێوەیەکی بنچینەیی، خۆی خۆی رزگار دەکات. بۆیە پێش هەموو شتێك پێویستە ئەو گەلە پشت ئەستور بێ بە هێزو وزەو توانای خۆی، چونکە ئەرکی رزگارکردنی گەلی کورد، بە شێوەیەکی بنەڕەتی، ئەرکی تێکۆشەرەکانێتی، ئەرکی رۆڵە ئازادە بەوەفاکانێتی، ئەرکی هێزە شۆڕشگێڕە دیموکرات و نیشتمانییەکانێتی.

دووەم: هەر گەلێك چەند بچوك و دواکەوتوو بێت، ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە راپەڕاندن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەرەکەی و یەکخستن و رێکخستن و سەرکردایەتی کردنی تەواوی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی، ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە پێکهێنانی هێزی چەکداری جەماوەری بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی چەکدار شان بە شانی رێوشوێنەکانی خەباتی جەماوەری، سیاسی، چینایەتی، پیشەیی، سەندیکالیستی و کەلتوری، دەتوانێ بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵ بێ با ئەو دوژمنانە بە شان و شەوکەت و بە هێزیش بن. کەواتە بەرەی کوردستانی مەرجێکی بنچینەیی و گرنگ و پێویستی سەرکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردە.

سێیەم: هاوکاریی تێکۆشەرانە لەگەڵ هاوپەیمانان و دۆستان دژی دوژمنان و سەرەنجام بە وردی جیاکردنەوەی هاوپەیمانان لە دوژمنان و دەستنیشان کردنی هێزە بنچینەیی و لاوەکی و هێزە دوژمنکارو کۆنەپەرستەکان. دیارە ئەمە بۆ سەرکەوتن لە تێکۆشاندا، مەرجێکی گرنگە. ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە گەلی کوردەوە هەیە لە کوردستانی عیراق، ئەوا پێویستە لەسەری، بۆ سەرخستنی تێکۆشانەکەی، دوژمنان لە هاوپەیمانان جیا بکاتەوە. دوژمنەکان بریتین لە ئیمپریالیستەکان، دیکتاتۆرەکان، کۆنەپەرستەکان، چینە دەرەبەگەکان، بورژوازیی کۆمپرادۆری کوردو عەرەب و رژێمی

دیکتاتۆری عەفلەقی کە نوێنەرایەتیی بورژوازیی بیرۆکرات دەکات و بەرجەستەکەری بیرکردنەوەی رەگەزپەرستانەو شۆڤێنییە کە کەلکەلەی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و بەعەرەب کردنی کوردستان بە سەریدا زاڵە. هاوپەیمانە بنچینەییەکانیش بریتین لە کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب، واتە کرێکاران، جوتیاران، سەرجەم رەنجدەران، رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان و هێزە دیموکراتە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی دژ بە دیکتاتۆری کە لەپێناوی دیموکراسیدا تێدەکۆشن.

هەر بۆیە بەرە دژی بیروباوەڕی تەنگبینیی نەتەوەیی و دژایەتی کردنی جەماوەری عەرەب تێدەکۆشێ، هەروەها کار دەکا بۆ پەروەردەکردنی جەماوەری گەلی کورد بە گیانی برایەتیی تێکۆشەرانەی کورد- عەرەب و هاوبەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردو عەرەب و پەی بردن بە پێویستی و سودەکانی هاوخەباتیی نێوان کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد. بەرەی کوردستانی ئاڵای برایەتیی کوردو عەرەب و هاوخەباتییان هەڵدەکاو کار بۆ ئەوە دەکات کە ئەم چەمکانە لە تێکۆشانی رۆژانەو جەماوەرییانەو لە بەدی هێنانی بەرەی سەرتاسەری عیراقدا رەنگدانەوەیان هەبێ.

بێگومان خەباتی کارای هێزە سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی عیراق دژی بیروباوەڕی شۆڤێنیستی عەرەبچێتی و دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی گەلی کوردو لەپێناوی پەروەردەکردنی جەماوەری عەرەب بە سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد، هۆکارێکی یارمەتیدەرو گرنگ دەبێ بۆ سەرکەوتنی بەرەکەمان لەم ئەرکە پیرۆزەیدا. لەبەر ئەوە بەرەکەمان بۆ هاندانی ئەو هێزە عەرەبی و عیراقییانەو بۆ بەجێهێنانی ئەرکە ئینتەرناسیۆنالیست و نیشتمانی و دیموکراتییەکەی بە شێوەیەکی شایستە، تێدەکۆشێت.

ئەرکی پەلەکردن لە پێکهێنانی بەرەی سەرتاسەری عیراق لەم هەلومەرجەدا، پێویستی بە بونی بەرەی کوردستانییە کە پەیوەندییەکی باش و ئاسایی لەگەڵ سەرجەم رەوتە بەرهەڵستکارەکانی عیراق هەیە. بەرەی کوردستانی بۆ لێك نزیکبونەوەو هاوکاریی نێوان گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و هاوکاری کردنیان بۆ رێ خۆش کردن بۆ دامەزراندنی بەرەی سەرتاسەری عیراق بایەخی خۆی هەیە. کەواتە بەرەی کوردستانی بۆ پەلەکردن لە بەدی هێنانی بەرەی سەرتاسەری عیراق پێویستە.

بەرە کوردستانییەکەمان رێگر دەبێ لە بەردەم هەوڵی دوژمنە سەرسەختەکانی گەلەکەمان بۆ دروست کردنی ئاژاوەو شەڕی براکوژی لە ناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردو بە بونی ئەم بەرەیە ورەی جەماوەری کوردستان بەرز دەبێتەوەو متمانەی جەماوەر بە خۆی و باوەڕی بە رەوایی مەسەلەکەی و بە دڵنیابون لە سەرکەوتن تۆکمەتر دەبێت. بەرەی کوردستانی دەبێتە سەرکردایەتیی هاوبەشی شۆڕش و جوڵانەوەی رزگاریخوازی دیموکراتیی گەلەکەمان و خەباتی چینایەتی، نیشتمانی، سیاسی، چەکداری، دیموکراتی، پیشەیی، سەندیکالیستی، کرێکاری، جوتیاری، دێهاتی و شاریی جەماوەرەکەی.

بەرەی کوردستانی یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی حزب و رێکخراوو دەستە نیشتمانی و دیموکراتی و شۆڕشگێڕییە کوردستانییەکانی کوردستانی عیراقە، ئامانجەکەی یەکخستنی هێزەکان و بەگەڕخستنی جەماوەرە لە تێکۆشاندا بۆ سەرخستنی شۆڕش و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردو وەدی هێنانی ئامانجی رزگاری.

٢-روخاندنی حکومەتی دیکتاتۆرو فاشیست و هێنانە کایەی حکومەتی ئیئتیلافی نیشتمانیی دیموکرات.

بەرەی کوردستانی تێدەکۆشێ بۆ:

١-روخاندنی رژێمی دیکتاتۆر و هێنانە کایەی حکومەتی ئیئتیلافی نیشتمانیی دیموکرات کە مافەکانی گەل و ئازادییە دیموکراتییەکانی دابین بکات و مافە رەواکانی گەلی کورد دەستەبەر بکات.

٢-پاکتاوکردنی هەموو روخسارو ئاسەوارەکانی حوکمی دیکتاتۆرو سیاسەتەکانی دژ بە ئازادی و مافە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی گەل، ئەویش بە:

أ-دوایی هێنان بە روخسارەکانی دیکتاتۆری لە دامودەزگاکانی دەوڵەتداو پاکتاوکردنی سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی دژ بە گەلی کوردو کەمینە نەتەوەییەکان و نەهێشتنی جیاکاریی نەتەوەیی و ئاینی و تایفەگەری و هەڵوەشاندنەوەی دادگاو دەستە تایبەت و یاساو دامودەزگاکانی دژ بە ئازادییەکان.

ب-بەردانی تەواوی زیندانییە سیاسییەکان لە رێی لێبوردنێکی گشتیی دەستبەجێ و گشتگیرەوە.

ج-گێڕانەوەی هەموو دەرکراوە سیاسییە نیشتمانییەکان بە مەدەنی و عەسکەرییەوە بۆ فەرمانگەو کارو خوێندنگەو پەیمانگاکانیان.

د-پاکسازیی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە کەسانی کۆنەپەرست و گەندەڵ و ئەنجامدەرانی تاوان دەرهەق بە گەل و دادگایی کردنیان.

هـ- دەرکردنی یاسایەك بۆ دەستەبەرکردنی مافی شەهیدانی بزوتنەوەی نیشتمانی و دابین کردنی ژیان و گوزەرانی کەسوکاریان.

و- گێڕانەوەی هەموو راگوێزراوو دەربەدەرکراوو دورخراوەکان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بۆ شوێنەکانی نیشتەجێبونیان و گێڕانەوەی ماف و موڵك وماڵەکانیان.

٣-هێنانە کایەی دیموکراسی لە ژیانی کۆمەڵگاو دەوڵەتدا بە:

أ-سەلماندنی ئازادیی رێکخستن و چالاکیی سیاسی و سەندیکالیستی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بۆ ژنان و پیاوان لە هەموو گروپ و توێژەکانی گەل.

ب-سەلماندنی ئازادیی رۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوەو گردبونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن.

ج-گواستنەوەی وڵات بۆ بارودۆخی دەستوریی دیموکراتی لە رێی دانانی یاسایەکی دیموکراتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نیشتمانیی دامەزرێنەر. ئەو ئەنجومەنە نیشتمانییە دامەزرێنەرە یاسای دەستوری هەمیشەیی لەسەر بنچینەی مافی هەڵبژاردنی گشتی و راستەوخۆو یەکسان و بە دەنگدانی نهێنی و لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و راپەڕاندن و دادوەری، دەردەکات.

٣-مەسەلەی کورد

مەسەلەی کورد لە ئەنجامی دابەشکردنی کوردستان و بێبەش کردنی گەلەکەی لە مافی چارەی خۆنوسین و سەپاندنی سیاسەتی چەوساندنەوەی کۆلۆنیالی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەسەر جەماوەری گەلی کورددا هاتۆتە ئاراوەو لە ئاکامدا سامانەکانی کوردستان بە تالان براون، تەگەرە هاتۆتە بەردەم گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و شارستانی و سیاسیی کوردستان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش لە مافە نیشتمانییەکان و ئازادییە دیموکراتییەکان بێبەش کران.

پرسی کورد لە راستیدا پرسی چەوساندنەوەی گەلی کوردو رێگری لێ کردنێتی لە شادبون بە خێروبێری نیشتمانەکەی خۆی و بە ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان. سەرەنجام، پرسی کورد پرسی تێکۆشانی ئەم گەلەیە بۆ بەدەستهێنانەوەی مافە رەواکانی و رزگاربونی تەواو لە ستەم و زوڵم و زۆری ئیمپریالیستی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی

دروستکەری بەربەست لە بەردەم پێشکەوتنی.

بۆیە چارەسەری مەبدەئی و راستەقینەی مەسەلەی کورد تەنها لە رێی بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کوردەوە دێتە دی، ئەویش لەو تێڕوانینەوە کە سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسین چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانەی ریشەیی و رەوایە بۆ ئەم کێشە رەوایە.

بەرەی کوردستانی کە پەی بە مەترسی و ئالۆزیی بارودۆخی عیراقەکەی خۆمان دەبات و بایەخ و پێویستیی هاوخەباتی لەگەڵ هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی عیراق تێدەگات و هەست بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و دوژمنە هاوبەشەکانی هەردوو نەتەوەی برای کوردو عەرەب دەکات، تێدەکۆشێ بۆ سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کوردی کوردستانی عیراق و بەدەستهێنانی تەواوی مافە نەتەوەییە رەواکانی لە هەلومەرجێکی لەباردا.

یەکەم مەرج بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی ساغڵەم لە نێوان گەلی کوردو دەسەڵاتی ناوەندی، هەڵهێنانی چەند هەنگاوێکە بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بە عەرەب کردن و راگواستن و بە بەعسی کردن، گێڕانەوەی کوردو عەرەب و کەمینەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان، گێڕانەوەی موڵك و ماڵی راگوێزراوەکان و قەرەبوکردنەوەیان و گەڕانەوەی کوردی فەیلی و گۆیان و ئۆمەریانە دەرکراوەکان لە دەرەوەی عیراقەوەو گێڕانەوەی رەگەزنامەی عیراقی بۆیان و قەرەبوکردنەوەی زیانەکانیان.

٤-جەنگی عیراق- ئێران

گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمینە نەتەوەییەکانەوە حەوت ساڵە بە ئاگری دۆزەخی ئەو جەنگە رەشەی قادسیە دەسوتێ کە سەددام حسێن، بە هاندانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و لە جیاتی ئەوان و بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان، دژی ئێرانی دراوسێ هەڵی گیرساندووە. ئەم جەنگە لەگەڵ بەرژەوەندیی هەردوو گەلی دۆستی عیراق و ئێران و گەلانی ناوچەکە وێك نایەتەوە.

ئەم جەنگە بۆ رۆڵەکانی گەلەکەمان مایەی کارەساتی مرۆیی سامناك بووە، توانا ئابوری و سوپاییەکانی بەفیڕۆ داوەو بۆتە مایەی قوڵبونەوەی قەیرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵات بە جۆرێك کە وای لە رژێم کردووە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و سەروەرییەکەی بەفیڕۆ بدات و بۆ پاراستنی خۆی وڵاتی کردۆتە بارمتەی مۆنۆپۆڵە ئیمپریالییەکان.

بۆ دۆزینەوەی دەریچەیەك بۆ خۆ دەربازکردن، رژێم هەوڵی بەنێودەوڵەتی کردن و تەعریبی جەنگەکەی داوە کە ئەمەش دۆخێکی مەترسیداری لە کەنداو هێناوەتە ئاراوە کە مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتیی ناوچەکەو جیهان، جگە لەوەی کە رژێم چەندەها جار پەنای بردۆتە بەر وروژاندنی شەڕی کەشتییە نەوتبەرەکان و شەڕی شارەکان و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی.

بەرەی کوردستانی تێدەکۆشێت بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی عیراق- ئێران و سزادانی تاقمی دیکتاتۆری فاشیست وەك تاوانباری جەنگ و هێنانە دیی ئاشتییەکی دیموکراتییانەی دادپەروەرانە لە نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێی ئێران و عیراق و هێنانە دیی پەیوەندیی دراوسێتیی باش و پەرەپێدانی هاوکاریی نێوان گەلانی هەردوو وڵات لە خەباتدا دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و دەستەبەرکردنی مافی گەلی عیراق لە هەڵبژاردنی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی و رێزگرتن لە سەروەریی هەردوو وڵات لە خاکی خۆیان بەبێ داگیرکردن و لکاندن.

٥-جەنگی شۆڤینیی دژ بە گەلی کورد

رژێمی دیکتاتۆری فاشیست بارودۆخ و بەردەوامبونی جەنگی عیراق- ئێران و گوێزانەوەی شەڕ بۆ کوردستانی قۆستۆتەوە بۆ توندوتیژکردنی جەنگە شۆڤێنییەکەی بۆ وێران کردنی کوردستان و ئاوارەکردنی گەلەکەی و سڕینەوەی قەوارە نەتەوەییە مێژوییەکەی کە ئەمەش درێژەپێدانی رێبازی دوژمنکارانەیەتی دژی هەموو گەلی عیراق، هەروەك درێژەپێدانی شاڵاوەکانی تۆقاندن و پاکتاوکردنی جەستەیی بەرهەڵستکارانی رژێمی دیکتاتۆرو جەنگ و سیاسەتە شۆڤێنییەکەیەتی.

بەرەی کوردستانی بە شێوەیەکی توندوتۆڵ دژی هەوڵەکانی رژێمی دیکتاتۆرو ئیمپریالیزمە بۆ نکوڵی کردن لە مەسەلەی گەلی کوردو خەباتی و پشت گوێ خستنی ئەم مەسەلەیە بە بیانوی جەنگی عیراق- ئێران و لەم سەروبەندەدا بەرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گەلی کورد چەندساڵێك لەمەوبەر، بەر لە هەڵایسانی جەنگ، بەرەنگاری رەوتە شۆڤێنییەکەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق بۆتەوە و لەسەر ئەم کارە هەر بەردەوام دەبێ تا ئامانجە رەواکانی بەدی دێن.

پێداگرتنی بەرە لەسەر بەرژەوەندییە جەوهەرییەکانی گەلی کورد پێویست بەوە دەکات کە بەرە سەربەخۆ بێت و تێکەڵ بە جەنگی عیراق- ئێران نەکرێت بە چەشنێك کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بکات. بەرە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی رای گشتیی جیهان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هەموو هێزەکانی ئاشتی و رزگاری تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی بتوانرێ کۆتایی بەو جەنگە شۆڤێنییە بهێنرێ کە بەسەر گەلی کورددا سەپێنراوەو شێوەی جەنگی رەگەزپەرستانەی جینۆسایدی وەرگرتووەو مەسەلەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەسەر بنچینەی سەلماندنی مافە نەتەوەییە رەواکان چارەسەر بکرێت.

٦-کەمینە نەتەوەییەکان

ژمارەیەك کەمینەی نەتەوەیی لە عیراق و بەشێکی لە کوردستان دەژین کە بریتین لە تورکمان، ئاشوری، کلدان و ئەرمەن. ئەم کەمینانە دوچاری داپڵۆسین و نایەکسانی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی هاتون، سەرباری بێبەش کردنیان لە مافە ئیداری و رۆشنبیرییەکانیان.

بەرەی کوردستانی تێدەکۆشێ بۆ:

١-بەرگری کردن لە کەمینە نەتەوەییەکان و یارمەتیدانیان بۆ روبەڕوبونەوەی هەڕەشەکانی رژێمی دیکتاتۆری فاشیست.

٢-نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی چەوسانەوەو جیاکاریی نەتەوەیی لە دژیان و دەستەبەرکردنی یەکسانیی تەواو لە ئەرك و مافدا، شان بە شانی رۆڵەکانی تری گەلی عیراق.

٣-دەستەبەرکردنی مافی رۆشنبیری و ئیداری بۆیان و پێویستیی بونی نوێنەرەکانی خۆیان لە ناو دامەزراوەکانی یاسادانان و راپەڕاندن لەسەر ئاستی ناوەندو هەرێمی کوردستان.

٤-رێزگرتن لە هەست و داب و نەریتی نەتەوەییان و گێڕانەوەی راگوێزراوەکانیان بۆ ناوچەکانی خۆیان.

٥-رێزگرتن لە هەست و داب و نەریتی هەموو گروپە ئاینی و مەزهەبییەکانی عیراق.

٧-هێزە چەکدارەکان

بەرەی کوردستانی عیراق تێدەکۆشێ بۆ:

١-سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی هێزە چەکدارەکان لەسەر بنەمای زانستی و بەرزکردنەوەی ئاستی لێوەشاوەیی عەسکەرییان و پەروەردەکردنیان بە گیانی نیشتمانپەروەری و دیموکراسی و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و ئەنگێزە شۆڤێنی و رەگەزپەرستییەکان و ئافەروزکردنی تاسە تایفەگەرییەکان و جیاوازی نەکردن بە بیانوی

حزبایەتی، سیاسی، نیشتمانپەروەری و پاککردنەوەی هێزەکان لە کەسە کۆنەپەرست و نۆکەرەکان.

٢-پشت بەستن بە پێوەرەکانی نیشتمانپەروەری و لێوەشاوەیی بۆ وەرگیران لە دامودەزگا عەسکەرییەکان و پۆستەکانی ناو هێزە چەکدارەکان، گێرانەوەی ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکان بۆ خزمەت، وەرگرتنی ئەفسەرانی کورد لە کۆلیج و پەیمانگاو خوێندنگە سەربازییەکان بەپێی رێژەی دانیشتوان و وەرگرتنی ئەفسەرانی کورد لە کۆلیجە بالاکان و جیاوازی نەکردن لەگەڵیان لە بواری پێدانی پۆستدا.

٣-هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری و دامودەزگا سەرکوتکەرەکان و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیان بە شێوەیەك کە بتوانن بەربەرەکانێی تۆڕە سیخوڕییەکان و دەستە تێکدەرەکان بکەن و خزمەتی گەل و مافە دیموکراتییەکانی بکەن.

٨-ئابوریی نیشتمانی

عیراق خاوەنی سەرچاوەو سامانی سروشتی و وزەو توانای مرۆیی زۆرە. ئەو سەرچاوەو سامانە ئەو دەرفەتەی بۆ دەڕەخسێنن کە ئابورییەکی نیشتمانیی سەربەخۆی هاوسەنگ و گەشەکردوو لە بوارە جیاوازەکان دابمەزرێنێ و ئاستی گوزەرانی ماددیی کۆمەڵانی خەڵکیی پێ بەرز بکاتەوە.

لەبەر ئەوە بەرەی کوردستانی تێدەکۆشێ بۆ:

١-دانانی سیاسەتێکی ئابوریی وا کە دەستەبەری سودمەندبونێکی ژیرانە بێ لە داهاتە ماددی و مرۆییەکانی وڵات و ببێ بە مایەی بەهێزکردنی کەرتی دەوڵەت و بایەخدان بە کەرتی تێکەڵاو و خزمەتکردنی کەرتی تایبەت. هەروەها دانانی بەرنامەیەکی ئابوریی خێرا بۆ چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی ئەو وێرانی و دواکەوتنەی بە هۆی جەنگی شۆڤێنییەوە بەر کوردستان کەوتووەو پێشخستنی کوردستان لە هەموو رویەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە.

٢-دەرکردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ بە جۆرێك کە زەوی بۆ جوتیاران دابین بکات، رێز لە موڵکی جوتیاران بە هەموو گروپەکانیانەوە بگرێ بە چەشنێك کە لانی زۆری خاوەندارێتیی زەوی لەو سنورە تێنەپەڕێ کە یاسا دیاریی دەکات و کارکردن بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بردنی روخسارەکانی شارستانێتی بۆ دێهاتەکان.

٣-دانانی سیاسەتێکی نەوتیی دور لە مۆنۆپۆڵەکانی نەوت کە پابەندی ئاستێکی دیاریکراوی بەرهەم هێنان بێت و هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی ئۆپیك بکات، بە چەشنێك کە عیراق بکاتە وڵاتێکی خاوەن پیشەسازییەکی پترۆکیمیایی پێشکەوتوو.

٩-جیهانی عەرەب و مەسەلەی فەلەستین.

أ-بەرەی کوردستانی تێدەکۆشێت بۆ:

١-پشتیوانی کردن لە خەباتی جەماوەری عەرەب و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و رژێمە کۆنەپەرستەکان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هاوپەیمانی لەگەڵ سەرجەم گروپەکانی بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی عەرەب.

٢-بەدی هێنانی بەرزترین ئاستی هاوکاری و هەماهەنگی لە هەموو بوارەکاندا لە نێوان عیراق و رژێمە عەرەبییەکانی دژ بە ئیمپریالیزم و لە سەروی هەموویانەوە سوریاو لیبیا لەپێناوی وەدی هێنانی ئامانجەکانی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی عەرەب سەبارەت بە پتەوکردنی سەربەخۆیی نیشتمانی، دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

٣-پشتیوانی کردن لە تێکۆشانی جەماوەری عەرەب لەپێناوی بەدی هێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی دوژمن بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لەسەر بنچینەی دیموکراسی و رۆڵی جەماوەر لە بەدیهێنانیداو مسۆگەرکردنی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد.

ب-مەسەلەی فەلەستین

بەرەی کوردستانی تێدەکۆشێت بۆ:

١-پشتیوانی کردن لە خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستین لەپێناوی بەدەستهێنانی مافە رەواکانی سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ نیشتمانەکەی و بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆی لەسەر زێدی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتە نیشتمانییە سەربەخۆکەی.

٢-پشتیوانی کردن لە تێکۆشانی ڕێکخراوی رزگاریی فەلەستین وەك تاکە نوێنەری راستەقینەی گەلی عەرەبی فەلەستین و دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستایەتیی تێکۆشەرانە لەگەڵ سەرجەم گروپەکانی ئەو ڕێکخراوە.

٣-پشتیوانی کردن لە تێکۆشانی قارەمانانەی جەماوەری فەلەستین لە خاکی داگیرکراو دژی دەستدرێژیی ئیسرائیل.

١٠-سیاسەتی دەرەوە

بەرەی کوردستانی تێدەکۆشێت بۆ:

١-پیادەکردنی سیاسەتێکی دەرەکیی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لەسەر بنەمای پرنسیپەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی دەوڵەتانی خاوەن سیستمی کۆمەڵایەتیی جیاواز، تۆکمەکردنی سەربەخۆیی و پتەوکردنی سەروەریی نیشتمانی لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی هاوبەش و هاوسەنگیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

٢-هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمان و ڕێککەوتننامانەی کە سەربەخۆیی و سەروەریی نیشتمانی بەفیڕۆ دەدەن و دژی بەرژەوەندیی هەردوو گەلی کوردو عەرەبن.

٣-دامەزراندن و بەهێزکردنی پەیوەندیی دراوسێتیی باش لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەك کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی دراوسێی عیراق و ئێراندا بێت و مایەی بەهێزکردنی خەباتی هاوبەشیان بێ لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی.

٤-پشتیوانی کردن لە هەموو بزاڤە رزگاریخوازە نیشتمانی و شۆڕشگێڕییەکانی جیهان و بەشداری کردن لە تێکۆشاندا لەپێناوی پاکتاوکردنی سیستمی کۆلۆنیالیستی و جیاکاریی رەگەزی.

٥-بەشداریی چالاکانە لە تێکۆشانی جیهاندا دژی ئیمپریالیزم و پەیمان و بنکە عەسکەرییەکانی دەستدرێژی، هەروەها بەشداری لە سەقامگیرکردنی ئاشتی و هێوربونەوەی نێودەوڵەتی International relaxation.

٦-تۆکمەکردنی پەیوەندییەکانی دۆستایەتی لە نێوان عیراق و دەوڵەتانی جیهانی سێ و بزوتنەوەی بێلایەنی و هەروەها لەگەڵ دەوڵەتە سۆسیالیستەکان.

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٥
## پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی

یەکەم-پێناسە:

١-ناو: بەرەی کوردستانی عیراق.

٢-مەیدانی چالاکی: کوردستانی عیراق.

٣-بەرەی کوردستانی عیراق یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی حزب و هێزە سیاسییەکان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستانی عیراقە کە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی بەرە پەسند دەکەن و پێوەی پابەند دەبن و بە هەموو شێوازێك بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی تێدەکۆشن.

دووەم- ئەرکەکانی بەرەی کوردستانی عیراق:

١-بەرەی کوردستانی هێزەکانی شۆڕشی کوردستانی عیراق یەك دەخات و بۆ بەدی هێنانی بەرنامەکەی، سەرکردایەتییەکی گشتی بۆ بزوتنەوەی

رزگاریخوازی کورد پێکدێنێ.

٢-بەرەی کوردستانی لە ڕێی سەرکردایەتییەکی هاوبەشەوە رابەرایەتیی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی عیراق و سەرجەم دامودەزگا سیاسی، عەسکەری، میدیایی، دارایی، ئیداری و پەیوەندییەکان دەکات.

٣-سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی سەرکردایەتییەکی عەسکەریی هاوبەش بۆ هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکدێنێ، هەروەها لە ناوچەکانیش سەرکردایەتیی هاوبەشی لاوەکی بۆ هەمان مەبەست پێکدێنێ.

٤-سەرکردایەتیی سیاسیی بەرە سیستمێکی یەکگرتوو بۆ هەموو هێزی پێشمەرگە دادەنێ و ڕێنمایی پێویست لەبارەیەوە دەردەکات کە سەرتاسەری ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەوە.

٥-سەرکردایەتیی بەرە لە هەلومەرجێکی گونجاودا کار بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە یەك سوپای یەکگرتوودا دەکات و ئەو سوپایە دەبێتە سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان.

سێیەم- بنەماو ڕێساکانی کارکردن:

١-ئەندامانی بەرەی کوردستانی پابەندی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی بەرە دەبن و هیچ ئەندامێکی بەرە هەڵسوڕانێکی وا نانوێنێ کە لەگەڵ بەرەدا یەك نەگرێتەوە یان ببێ بە مایەی لاوازکردنی هەڵوێستەکانی، هەروەك هەموشیان لەپێناوی تۆکمەکردن و بەهێزکردنیدا کار دەکەن.

٢-پەیوەندیی هاوپەیمانیی نێوان ئەندامەکانی بەرە لەسەر بنەمای هاوکاری و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی و سیاسیی هەر ئەندامێك دامەزراوەو ئازادیی هەڵسوڕانی هەر ئەندامێك لە سەرتاسەری کوردستان پارێزراوە، بەو مەرجەی ئەو هەڵسوڕانە دژی بەرنامەی بەرە نەبێ.

٣-هەر ئەندامێکی بەرەی کوردستانی مافی دروست کردنی پەیوەندیی هاوپەیمانیی دوقۆڵیی لەگەڵ هەر لایەنێکی نیشتمانیی دیکەدا هەیە بەو مەرجەی ئەو پەیوەندییە دژی ئامانجەکانی بەرە نەبێت.

٤-بڕیار لە بەرەی کوردستانیدا بە کۆی دەنگ دەدرێت.

٥-هەر کێشەیەك کە دەشێ لە نێوان لایەنەکانی بەرەدا پەیدا ببێ، لە دەستە سەرکردەییەکاندا بە گیانی تەبایی و هاوپەیمانی و گفتوگۆی دیموکراتییانەی بنیاتنەر چارەسەر دەکرێت.

چوارەم-دامودەزگاکانی بەرەی کوردستانی:

١-سەرکردایەتیی سیاسی:

أ-سەرکردایەتیی سیاسی لە نوێنەرانی لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێك دەهێنرێ بە مەرجێك نوێنەرەکە کەسی یەکەم یان دووەمی هەر لایەنێك بێت یان هەردوکیان.

ب-سەرکردایەتیی سیاسی رابەرایەتیی بەرەی کوردستانی و سەرجەم دەستەو دەزگاکانی دەکات.

٢-مەکتەبی جێبەجێکار:

أ-سەرکردایەتیی سیاسی مەکتەبێکی جێبەجێکار بۆ بەدواداچونی بڕیارەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش لە ماوەی نێوان دوو کۆبونەوەی سەرکردایەتیی سیاسیدا، پێکدێنێ.

ب-هەر ئەندامێکی بەرە ئەندامێکی سەرکردایەتیی راسپێردراوی لە مەکتەبی جێبەجێکاردا دەبێ و بارەگای هەمیشەیی ئەو مەکتەبە لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستانی عیراق دەبێ.

ج-مەکتەبی جێبەجێکار مانگی دوو جار کۆ دەبێتەوە.

د-دامودەزگاو لیژنەکانی بەرەی کوردستانی بە سەرکردایەتیی سیاسییەوە دەبەسترێنەوەو مەکتەبی

جێبەجێکار لە لایەن سەرکردایەتیی سیاسییەوە رادەسپێردرێ سەرپەرشتیی دامودەزگاو لیژنەکان بکاو بەدواداچون بۆ شێوەی بەڕێوەچونی کاروباریان بکات.

هـ-مەکتەبی جێبەجێکار دیاریکردنی کاتی بەستنی کۆبونەوەکانی سەرکردایەتیی سیاسی و ئامادەکردنی ئەجیندای کۆبونەوەکان و بەردەست خستنی دیکۆمێنتە پێویستەکان دەگرێتە ئەستۆ.

٣-ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان:

بەرەی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە نوێنەرانی رێکخراوە سیاسی و پیشەیی و جەماوەرییەکان و نوێنەرانی کەمینە نەتەوەیی و ئاینی و کەسایەتییە نیشتمانییە ناسراوەکانی کوردستان پێکدێنێت کە دەسەلاتەکانی بەپێی یاسایەك دیاری دەکرێن.

٤-دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان:

أ-سەرکردایەتیی سیاسی دەزگایەك بۆ پەیوەندییە گشتییەکان پێکدێنێ کە ئەرکەکەی رێکخستن و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نیشتمانی و نەتەوەیی و دەرەکییەکانی شۆڕشی کوردە.

ب-یەکخستنی نوێنەرایەتییەکانی بزوتنەوەی رزگاریی کورد لای لایەن و دەوڵەتەکان لەسەر ئاستەکانی عیراق، رۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان و بەستنەوەیان بە دەزگای پەیوەندییە گشتییەکانەوە.

٥-دەزگای راگەیاندن:

بەرەی کوردستانی دامەزراوەیەکی میدیایی هاوبەش بۆ بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەمان دادەمەزرێنێ و وزەو توانای هەموو لایەنەکانی تێدا یەکدەخات بۆ گەیاندنی دەنگی گەلی کوردو داخوازییە رەواکانی بە رای گشتیی جیهان.

بەشەکانی ئەو دامەزراوەیە لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

أ-ئێستگەیەکی رادیۆ.

ب-چاپخانە، چاپەمەنی و رۆژنامەیەکی ناوەندی بۆ بەرە.

ج-ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان.

٦-دەزگای کاروباری بەڕێوەبردن و کۆمەلایەتی و دادوەری:

أ-بەرە دەزگایەکی یەکگرتوو بۆ تەواوی کاروباری بەڕێوەبردن، کۆمەلایەتی و دادوەریی شۆڕشی کورد پێکدێنێ.

ب-ئەم دەزگایە ئەرکی زیندوکردنەوەو پەرەپێدانی کاروباری فێرکاری و تەندروستی و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی و رێکخستنی پەیوەندیی نێوان خەڵکی و سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی دادگاو بەندیخانەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

ج-سیستمێك بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی جەماوەر لەسەر بنچینەی بەرنامەی بەرەی کوردستانی، شەریعەتی ئیسلام، یاساکانی عیراق و داب و نەریتە لۆکالەکان دادەنێ و رێنمایی لەم بارەیەوە دەردەکا، هەروەك سیستمێکی تایبەت بۆ پاراستنی ئاسایشی شۆڕش دادەنێت. ئەو رێنماییانە سەرتاسەری ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان دەگرێتەوە.

٧-دەزگای کاروباری ئاینی:

أ-سەرکردایەتیی سیاسی دەزگایەکی تایبەت بە کاروباری ئاینی پێکدێنێ.

ب-ئەو دەزگایە کاروباری ئاینیی تەواوی ناوچە رزگارکراوەکانی لە ئەستۆ دایە، لەوانە کاروباری ئەوقاف و خوێندنگە ئاینییەکان و ئاوەدان کردنەوەو خزمەتکردنی مزگەوتەکان و شوێنەکانی تری پەرستن.

٨-دەزگای دارایی:

بەرە دامەزراوەیەکی دارایی هاوبەش پێکدێنێ کە ئەمانەی خوارەوە ئەرکەکانین:

أ-ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی بودجەی شۆڕش.

ب-پەرەپێدانی سەرچاوە ناوخۆییەکانی داهات لەوانە باج و گومرگەکان و دانانی سیستمێك بۆ دیاری کردن و کۆکردنەوەی داهاتەکانی تر.

ج-دیاریکردنی خەرجییەکانی دامودەزگاکانی بەرەو دەرماڵەی هێزی پێشمەرگەو دابین کردنی پێداویستییەکانی.

د-کارکردن لەپێناوی دابین کردنی کۆمەك بۆ کەسوکاری شەهیدانی شۆڕشی کورد.

٩-دەزگای ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان:

أ-بەرە دەستوبرد لە یەکخستنی ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەییە کوردستانییەکان دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات و ئەو یەکخستنە دەپارێزێت.

ب-پێکهێنانی دەزگایەکی تایبەت بۆ سەرپەرشتی و ڕێنمایی کردن و بەگەڕخستنی ڕێکخراوەکان و پتەوکردنی هاوبەستەگی و پەیوەندیی نێوانیان.

ج-دەزگاکە، لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی گشتی و بڕیارەکانی بەرە، ڕێنمایی ئەو ڕێکخراوانە دەکات.

١٠-پاش یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرە، کار بەم پەیڕەوە دەکرێ و هەموو لایەنەکان پێوەی پابەند دەبن، بە مەرجێك کۆبونەوەکە لانی زۆر پاش دوو هەفتە لە واژۆکردنی پەیڕەوەکە، ببەسترێ.

پاشکۆی تایبەت:

لە هەلومەرجی ئێستای بەرەی کوردستانیدا وەك ڕێزلێنانێك لە تایبەتمەندی و پرنسیپەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، ئەم حزبە مافی هاوپەیمانیی دوقۆڵی و فرەقۆڵیی دەبێ و هێزی پێشمەرگەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەو بڕگانەی تایبەت بە یەکخستنی هێزی پێشمەرگەن دەبووردرێ. لە لایەکی ترەوە، حزبی ناوبراو پشتیوانی لە هەنگاوە یەکێتیخوازییەکانی حزبە نیشتمانییەکانی کوردستان دەکات.

کەریم سەلام لەباتی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)

نەوشیروان مستەفا لەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

عەزیز محەمەد لەباتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق

سامی عەبدولڕەحمان لەباتی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

ڕەسول مامەند لەباتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عیراق

عەلی عەبدوڵڵا لەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٦
## بەیاننامەی یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی

لە ٧-٩ی حوزەیرانی ١٩٨٨ دا سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی عیراق یەکەم کۆبونەوەی لەسەر خاکی نیشتمان بە ئامادەبونی سەرکردەکانی حزبە دامەزرێنەرەکان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی کۆمۆنیستی عیراق- هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق، گرێدا.

لە کەشێکی پڕ هەست کردنی بەرز بە لێپرسراوەتی و گیانی هاوپەیمانیی تۆکمە، حزبەکان ئەو دیکۆمێنتانەی بەرەیان واژۆ کرد کە لە سەرەتای ئایاری رابردوو پەسند کراون و بریتین لە بەرنامەی بەرەی کوردستانی عیراق و پەیڕەوە ناوخۆکەی.

کۆبونەوەکە بە شێوەیەکی گشتی لە بارودۆخی سیاسیی وڵات و بە شێوەیەکی تایبەت لە بارودۆخی کوردستانی کۆڵییەوە.

ئامادەبووەکان لە شیکردنەوەکانیاندا چونە سەر باسکردنی دیاردە تازەکانی جەنگی شۆڤێنییانەی دژ بە گەلی کوردو پێشهاتەکانی جەنگی عیراق-ئێران، ئەو جەنگەی کە رژێمی فاشیستی دوژمن بە گەلی عیراق هەڵی گیرساندووە، هەروەك کەوتنە تاوتوێ کردنی ئاکامە وێرانکارییەکانی ئەو جەنگە لەسەر هەردوو وڵات و هەردوو گەل و لەسەر تێکۆشانی هاوبەشیان لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، هەروەها چونە سەر باس کردنی زیانە مرۆیی، ئابوری و کۆمەڵایەتییە گەورەکانی جەنگەکە.

کۆبونەوەکە هەڵوەستەی لە ئاستی مەترسیی راستەقینەی بەردەوامبونی جەنگەکە کردو بە نیگەرانییەوە روانییە نیشانەکانی پەرە ئەستاندنی جەنگەکە، لەوانە لێدانی کەشتییە نەوتبەرەکان، بۆردومان کردنی شارەکان بە فرۆکەو موشەك، سوربونی ئەمریکاو دەوڵەتەکانی تری پەیمانی ناتۆ لەسەر هێشتنەوەی هێزە عەسکەرییەکانیان و زیادکردنی جموجوڵی دەستدرێژکارانەیان لە ناوچەی کەنداو، بە چەشنێك کە بۆتە مایەی هەڕەشەی راستەوخۆ لە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەو جیهان.

کۆبونەوەکە بە بایەخێکی تایبەتەوە روانییە سەرەنجامە مەترسیدارەکانی پەلهاوێشتنی جەنگ بۆ کوردستانی عیراق و زیان و کارەساتەکانی بۆ گەلی کورد.

کۆبونەوەکە لە پەرە ئەستاندنی سیاسەتە شۆڤێنییە خوێناوییەکەی رژێمی دیکتاتۆری کۆڵییەوە کە وەرچەرخاوەتە سەر فراوان کردنی جەنگی لە ناوبردنی گەلی کوردو بەکارهێنانی قێزەونترین رێوشوێنی تاوانکارانە بە مەبەستی رماندنی ژێرخانی ئابوری و کۆمەڵایەتیی کوردستان، ئەویش بە خاپورکردنی هەزارەها گوندو شارۆچکە، سوتاندنی کێڵگەو کشتوکاڵ و راگواستنی دانیشتوانی سیڤیل بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی ناوچە دورەکانی وڵات، سەرباری بەردەوامبونی لەسەر کوشتنی بە کۆمەڵ و تەنگهەڵچنین بە هاووڵاتییانی بێتاوان، لەوانە منداڵان و ژنان و رق رشتنەوە بە کەسوکاری تێکۆشەران لە رێی روخاندنی خانوو و دوکانەکانیان و گلدانەوەیان وەك بارمتەو دەربەدەرکردنیان. رژێم لە کاتێکدا کە هەر بەردەوامە لەسەر جەنگی جینۆساید، دەستی لە بەکارهێنانی کوشندەترین و قەدەغەکراوترین چەك نەگێڕاوەتەوە لەوانە چەکی کیمیایی و بۆمبی هێشویی و فسفۆری و ناپاڵم لەسەر ئاستێکی بەرفراوان کە زۆر شوێنی کوردستانی تەنیوەتەوە (دۆڵی جافایەتی، دۆڵی بالیسان، شوان، قەرەداغ، ئاغجەلەر، ئامێدی و شوێنی دیکە).

هەزاران هاووڵاتی بە کوژراو و بریندارەوە بونە قوربانیی ئەم تاوانانە، وەك ئەو تاوانە جەرگبڕەی کە لە هەڵەبجە رویداو ویژدانی ملیۆنان کەسی لە جیهان هەژاند. بەمە رژێم سەرتاپای بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان و پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی پێشێل کردووەو هێشتاش هەر بەردەوامە لەسەر پێشێل کردنی.

ئامادەبووەکانی کۆبونەوەکە جەختیان کردە سەر پەیوەندیی بەتینی نێوان جولانەوەی رزگاریخوازی کوردو جولانەوەی نیشتمانیی دیموکراتی عیراق و هاوبەرژەوەندی و تێکۆشانی هاوبەشیان. پشت بەست بەم تێڕوانینە، ئامادەبووەکان وای دەبینن کە هاتنە کایەی بەرەیەکی نیشتمانیی گشتگیر لە عیراقدا، ئەرکێکی بەپەلەیەو لێی رادەبینرێ بتوانێ ببێ بە مایەی پتەوکردنی هاوخەباتیی گەلانی

عیراق بە کوردو عەرەب و کەمینە نەتەوەییەکانەوەو وەگەڕخستنی هەموو هێزو تواناکان بۆ روخاندنی رژێمی فاشیستی شۆڤێنیست و هێنانە سەر کاری حکومەتی ئیئتیلافی نیشتمانیی کاتی کە ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ وڵات دەستەبەر دەکات، مافە نەتەوەییە رەواکان بۆ گەلی کورد دەسەلمێنێ، ئاسەواری جەنگی کارەساتبارو جەنگی شۆڤێنییانە رادەماڵێ و ئەو رۆڵە بۆ عیراق دەگێڕێتەوە کە جاران لە جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی عەرەبداو هەروەها لە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم گێڕاویەتی.

سەرکردایەتیی سیاسی سەری رێزو نەوازش بۆ راپەڕینە دلێرەکەی گەلی فەلەستین دادەنەوێنێ و پشتیوانیی خۆی بۆ تێکۆشانی لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسین و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا دوپات دەکاتەوە.

سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی عیراق لە کاتێکدا کە پێ لەسەر خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی عیراق- ئێران لەسەر بنچینەیەکی دیموکراتییانەو دادپەروەرانە دادەگرێ، بە جۆرێك کە دەستەبەری بەرژەوەندیی هەردوو وڵات و گەلی دراوسێ بێت، لە هەمان کاتدا داواکارە دەستبەجێ سنورێك بۆ جەنگی شۆڤێنییانەی دژ بە گەلی کورد دابنرێ و مافە نەتەوەییە رەواکانی کورد لە چوارچێوەی بەدی هێنانی دیموکراسی بۆ عیراق بسەلمێندرێن.

سەرکردایەتیی سیاسی بە چاوی رێزو پێزانینەوە دەڕوانێتە هەموو ئەو حکومەت و رێکخراوە نێودەوڵەتی و دیموکراتییانەو هەموو ئەو بزوتنەوەو حزبانەی کە پشتیوانییان لە خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی و گەلی عیراق بە گشتی لە دژی جەنگ و تیرۆر کردووەو تاوانەکانی دەسەڵاتی شۆڤێنییان دژی جەماوەری کوردو هێزە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان ریسوا کردووە. لە هەمان کاتدا بەرەی کوردستانی عیراق چاوی بڕیوەتە بەڕێوەچونی هەڵمەتی زۆرتر بۆ ریسواکردن و سەرزەنشت کردنی رژێمی عیراق و پشتیوانیی زۆرتر لە لایەن هەموو دەوڵەتان و گەلان و ئەڤیندارانی ئاشتییەوە لە جیهان بە رادەیەك کە ئەو هەڵمەتانە ببن بە رێگر لە بەردەم بەردەوامبونی رژێم لەسەر ئەنجامدانی ئەو تاوانانە. هەروەها سەرکردایەتیی سیاسی داواکارە رۆژی ١٦ی ئازار کە رۆژی بۆردومان کردنی هەڵەبجەیە، بکرێتە رۆژی جیهانیی خەبات دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

هەر لەو کۆبونەوەیەدا سەرکردایەتیی سیاسی پێکهێنانی مەکتەبی جێبەجێکارو دامودەزگاو لیژنەکانی تری بەرەی پەسند کردو شوێنی بارەگاکانی کاری هەر یەکێکیانی دیاری کرد. راگەیاندنی ئەم بڕیارانە بە دەستپێکی دەستبەکاربونی دەزگا ناوبراوەکان بەپێی دیکۆمێنتە بڕیارلێدراوەکان دەژمێردرێ.

سەرکردایەتیی سیاسی لە کاتێکدا کە لە چوارچێوەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆدا دەست بە خەباتی هاوبەشی خۆی دەکات، لە کۆتایی کۆبونەوەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سورە لەسەر سەقامگیرکردنی کاری بەرەیی خۆی و قوڵکردنەوەی پەیوەندیی تێکۆشەرانەی نێوان لایەنەکانی و لە هەمان کاتدا داوا لە هەموو هێزە دلێرەکانی پێشمەرگە دەکات زێدەتر هاوکاری یەکتر بن و زێدەتر بە تەنگ یەکترییەوە بچن بۆ بەرپەرچدانەوەو شکست پێ هێنانی لەشکرکێشییەکانی هێزەکانی رژێم و نۆکەرەکانی و گورز وەشاندنی کاریگەر لێیان.

هەروەها روی دەمان لە کۆمەڵانی خەڵکی عیراقە بە کوردو عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکان و پەیڕەوانی هەموو ئاین و ئاینزاکانەوە و داوایان لێ دەکەین بۆ روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری فاشیست و رزگارکردنی وڵات لە وەیشومەکانی جەنگ و تیرۆرو

بەدی هێنانی دیموکراسی و ئاشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بە هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو خەبات بەرجەستە بکەن.

بەم بۆنەیەوە سەرکردایەتیی سیاسی سەری ڕێزو نەوازش بۆ هێزی پێشمەرگەو پاڵەوانێتی و گیانبازییەکانی لە ڕووبەڕووبونەوەی شاڵاوی قڕتێخستنی سەرتاپاگیری کوردستان، دادەنەوێنێ. هەروەها سڵاو بۆ کەسوکاری شەهیدانی بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتیی عیراق و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو خێزانە راگوێزراوو دەربەدەرکراوەکان دەنێرێ، بەتایبەتی ئەو خێزانە کوردانەی کە منداڵان و ژنان و پیاوەکانیان پەراگەندە کراون و لێك جیا کراونەتەوەو کاربەدەستەکان بە زەبری زۆردارەکی خوازیارن ئەو خێزانانە پەراگەندە بکەن و بیانتوێننەوە.

هەروەها سەرکردایەتیی سیاسی سڵاو بۆ تێکۆشەرە ئازاکانی شارەکان و گیراوە سیاسییەکان بە هەموو ئاراستەو نەتەوەکانەوە دەنێرێ و ڕێزی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی خۆڕاگری شارەکان هەیە کە ڕۆژانە ڕوبەڕوی شاڵاوە فاشیستییەکان دەبنەوە.

سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی عیراق
سەرەتای حوزەیرانی ١٩٨٨

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

### پاشکۆی ژمارە ٧
### سەروتاری ڕۆژنامەی «شەرارە» بەبۆنەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانییەوە

ئەوەندەی ئاشتبونەوەی گشتی- کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵگری دروشمەکەی بووە- دڵی کۆمەڵانی خەڵکی خۆش کردووە، بەوەی کە سنورێکی بۆ دوبەرەکی و رکەبەرایەتی و شەڕ داناوەو پاشانیش بۆتە مایەی یەکخستنی هەموو هەوڵ و کۆشش و چەکە کوردستانییەکان لە دژی دوژمنی فاشیستی هاوبەش، ئەوەندەش رقی رژێمی فاشیستی لە شۆڕش و حزبەکان و کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەر هەڵساندووە، بە رادەیەك کە کەوتۆتە پیادەکردنی شێوازو رێوشوێنی تازە بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستان و لە ناوبردنی گەلەکەی و تێکشکاندنی شۆڕشەکەی. لەم سەروبەندەشدا هەنگاوی تازەی هەڵهێناوە، لە سیاسەتی دامەزراندنی نشینگە عەفلەقییەکان و پیادەکردنی سیاسەتی سووتماکەوە تا سیاسەتی کاول کردنی «کیمیایی»ی گشتگیر بۆ لە ناوبردنی هەموو شتێکی زیندوو لەوانە گژو گیا، درەخت، ئاژەڵ و باڵندەو ژەهراوی کردنی ئاوی خواردنەوە، بە جۆرێك کە مێژوی مرۆڤایەتی نمونەی وای بەخۆیەوە نەدیوە. لە بەرەنجامی کۆتاییشدا، رژێم تاوانە کیمیاییەکانی- کە ژمارەیان لە دژی گەلەکەمان بە دەیانە- گەیاندە ترۆپك و کوشتارە کیمیاییەکەی هەڵەبجەی ئەنجام دا کە تێیدا دەیان هەزار رۆڵەی گەلەکەمان، منداڵان و ژنان و پیران، بونە قوربانی و زیاتر لە حەفتا هەزاری دیکەش دەربەدەر بوون. رژێمی فاشیست هەر بە وێرانکردنی ناوچەکانی ئەو خەڵکە دانەکەوت، بەڵکو ئەو ناوچانەی کردە مەڵبەندی پەتا، چونکە هێندە بە چڕی و بە جۆرەها گازی ژەهراوی و بە رق و قینەوە بە بۆمبی کیمیایی بۆردومانی کردن، کەڵکی ژیانیان تێدا نەماوە.

بۆیە دەبوایە بە وەڵامێکی یەکلاکەرەوەو توندوتۆڵ و سەختگیر، رژێمی فاشیستی هاربوو بەرپەرچ بدرێتەوە، ئەویش بە یەکخستنی وزەو توانای هێزە کوردستانییەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا بۆ رابەرایەتی کردنی خەباتی گەلەکەمان و

گەیاندنی شۆڕشەکەمان بە سەرکەوتنی یەکجارەکی و تێکشکاندنی فاشیزمی عەفلەقی، لە ڕێی یەکخستنی هەموو دامودەزگا سیاسی و عەسکەری و میدیاییەکانی شۆڕشەوە. ئەم بەرەیە هەم هیواو ئاواتی جەماوەری گەلەکەمانە هەم گورزێکی کاریگەریشە لە رژێمە فاشیستەکەی بەغدا.

رۆژنامەی «شەرارە» یەکسەر پاش ئاشتبونەوەی نیشتمانی، گوزارشتی لە ئومێدو چاوەڕوانییەکانی جەماوەر کردو نوسی «با ئاشتبونەوەی نیشتمانی بە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی سەروەرتر بکەین». جا وا لێرەدا هیواو ئاواتی «شەرارە» و هەموو تێکۆشەرانی کوردستان و جەماوەری گەلەکەمان هاتە دی و بەرەی کوردستانی لە نێو دارو پەردووی وێرانەی کوردستان دەرکەوت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هیچ هێزێك، چەند بەتواناو دەستڕۆیشتوو بێ و چەند چەکی کوشندەی هەبێ، ناتوانێ سەر بە گەلێك دانەوێنێ کە بڕیاری داوە سەر کەوێ و ئازادی، بە هەر نرخێك و بە هەر قوربانیدانێك، بسەنێ.

ئەمڕۆ لەگەڵ ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانیدا کە بۆتە مایەی شادمانیی هەر هاووڵاتییەکی کوردستانی و جێگیرکردنی باوەڕ بە سەرکەوتن و دڵخۆش کردنی هەموو دۆستان و هاوپەیمانانی گەلەکەمان لە خەباتیدا لە دژی تاقمە عەفلەقییە فاشیستەکە، داوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کار بۆ رزگارکردنی عیراق و کوردستان لە فاشیزم دەکەن و هەروەها داوای هەموو دۆستەکانی گەلی کوردو جەماوەری عیراق، لە هێزە کوردستانییەکانی ناو بەرە ئەوەیە کە تەگەرەکان تێپەڕێنن، بەرژەوەندیی جەماوەرو شۆڕشی کوردستان و مەسەلەی سەرکەوتنی گەلەکەمان بخەنە سەروی هەموو بەرژەوەندییەکی خودی و حزبییەوە، واز لە فۆرمە «کلاسیکییەکان» و داتا بریقەدارەکان و مشتومڕی ناکام بێنن و بەپێی هەلومەرجی کوردستان و ئەو قۆناغە مەترسیدارەی کە گەلی کورد پێیدا تێدەپەڕێ، کار بکەن، چونکە جەنگی فاشیستانەی کیمیایی هەڕەشەی لە ناوچون لە گەلی کوردو هەڕەشەی وێرانکردنی سەرتاپاگیر لە نیشتمانەکەی دەکات.

لە کاتێکدا بە بۆنەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانییەوە پیرۆزبایی لە جەماوەری گەلی کوردو هەموو تێکۆشەرانی عیراق دەکەین و مژدەیان دەدەینێ کە سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا دێتە دی و نزیکیشە، لە هەمان کاتدا داوا لەهەموو حزب و هێزە عیراقییەکان دەکەین، بە هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیست و دیموکرات و نیشتمانییەکانەوە، هاوکاریی یەکتری بکەن و بکەونە گەڕ بۆ دامەزراندنی بەرەی سەرتاسەری عیراق بۆ رزگارکردنی عیراق و کوردستان لە فاشیزم و هێنانە سەر کاری فەرمانڕەوایی دیموکرات و سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسین بۆ جەماوەری کوردستان.

سەرچاوە: رۆژنامەی «شەرارە» ، ژمارە ٣، ساڵی ١٣، ئایاری ١٩٨٨، ل ١ (بە زمانی عەرەبی).

### پاشکۆی ژمارە ٨
### سەردانی وەفدی بەرەی کوردستانی بۆ پاریس ماناو مەبەستەکانی
### ( سەروتاری رۆژنامەی رێبازی نوێ)
### (١٩٩٠)

لە نیوەی دووەمی ئەم مانگەدا بانگهێشتێکی رەسمی لە لایەن حکومەتی فەرەنساوە ئاراستەی وەفدێکی بەرەی کوردستانی عیراق کرا بۆ سەردانی پاریسی پایتەخت.

هەر وەکو ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهان رایانگەیاند، وەفدەکە زۆر بە گەرمی لە لایەن

لێپرسراوانی فەرەنساو بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی ئەوروپاوە پێشوازیی لێ کراوە. بەرنامەی سەردانی وەفدەکە بریتی بوو لە ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەرکردەی حزبە سیاسییەکانی فەرەنساو بەستنی کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری بۆ باس کردنی ئەو بارودۆخە نالەبارو تراژیدییەی روی کردۆتە گەلی کورد لە کوردستانی عیراق لە ئەنجامی داپڵۆسین و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و هێرشی جینۆسایدی رەگەز پەرستانە کە رژێمی دیکتاتۆری دەسەلاتداری عیراق، بە چەشنێکی بەردەوام دەیکاتە سەر هاوولاتییانی کوردی بێتاوان و شارو گوندی کوردستان وێران دەکات و کێڵگەو رەزو باخەکانی دەسوتێنێ کە هەمیشە سەرچاوەی لەبن نەهاتووی بەرهەمی پڕ لە خێرو دەرامەت بۆ سەرتاسەری عیراق بووە کە ئێستا هەڕەشەی کاولبونی لەسەرە.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێك بوو لەو مەسەلانەی کە وەفدەکە لە پاش تەواوبونی وتووێژەکانی لەگەڵ فەرەنسییەکان، لە کۆنگرە رۆژنامەگەرییەکە بە شێوەیەکی رێکوپێك و بەپێی بەڵگەو ئاماری ورد رونی کردەوە.

گرنگیی سەردانی وەفدەکەی بەرە بۆ پاریس لەوە دایە کە لە ئەنجامی بەدەنگەوە هاتنی بانگهێشتێکی رەسمی لە لایەن حکومەتی فەرەنساوە هاتووە. لەمیانەی ئەو زنجیرە روداوە گڕگرتووە سیاسی و عەسکەرییانەی کە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەهەژێنێ، بەتایبەتی ئێستا کە مەترسیی ئەوە هەیە ئاوی نیمچە گەرمی کەنداو تێکەڵی گڕی نەوت و تەقینەوەکانی بێ کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو رێبازە ستراتیجییەیە کەجیهانی نوێ پێشبینیی دەکرد، دوای ئەوەی کە جەنرالە گەورەکان دەمامکی جەنگی ساردیان لە روی خۆیان داماڵی و پێك هاتن لەسەر رێکخستنەوەو چاککردنی ئەوەی لە رابردودا تێکدراوەو شوێن کەوتنی ئەو مافە رەوایانەی گەلانی چەوساوە کە رژێمە دیکتاتۆرەکان بە رەفتاری دڕندانەیان ونیان کردوە، لەپێش هەموشیانەوە مافی نەتەوە لەبیرکراوەکانی وەکو نەتەوەی کوردی بیست و پێنج ملیۆنی.

گرنگییەکی دیکەی سەردانی ئەم وەفدە کوردییە بۆ پایتەختی فەرەنسا لەوە دایە کە سەرلەنوێ تیشك خرایەوە سەر گرفتێکی مێژویی کە هەمیشە بە گوێرەی جیاوازیی بۆچون و بیانوی جۆراوجۆر، لەسەر شانۆی سیاسەتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، رەفتاری لەگەڵ کراوە، بە چەشنێك وەکو چیرۆکی «گەشتەکانی گالیڤەر»ی لێ هاتووە، کاتێك لە چیرۆکەکەدا شەڕێکی ماڵوێرانکەر هەڵگیرسا، لەسەر ئەوەی کە ئایا شکاندنی هێلکە لە لا نوکدارەکەی سەرەوەی راستترە یان لە لا خڕەکەی ژێرەوەی، کە دەیان هەزار کوژراوو برینداررو سەقەت بە قوربانی ئەم شەڕە گەورەیە بون.

ئەگەرچی بایەخ پێدانی ئەم دواییەی فەرەنسا بە کێشەی کورد، زۆر جێی شانازی و پێخۆشحاڵ بونی گەلی کوردە کە پێشتریش خاتوو میتران، سەرۆکی رێکخراوی فەرەنسای ئازادی و هاوسەری سەرۆکی فەرەنسا، دەستپێشخەرییەکی جوانی نواندبوو، ئەویش بە سەردانەکەی ساڵی پاری بۆ ئۆردوگاکانی ئەو پەنابەرە کوردانەی کە لە ئەنجامی هێرشە کیمیاییەکانی رژێمی عیراق هەڵهاتبون و هەروەها سەرپەرشتی کردنیشی بۆ ئەو کۆنگرە جیهانییەی کە دەربارەی ناسنامەی کورد لە پاریس بەسترا. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە قەدرزانی و دۆستایەتیی گەلی کورد بەرامبەر بە فەرەنسییەکان و هەموو گەلانی دنیاو گشت ئەو رژێمانەی هاوسۆزن لەگەڵ کێشە و میحنەتەکەیدا، کتوپڕ لە ئەنجامی هێزو تین و

تاوی روداوو قەیرانە لەپڕ پەیدابووەکاندا دروست نەبوە، بەڵکو دۆستایەتییەکی ستراتیجییەو نرخ و بایەخە گەوهەرییەکەی بەسەر گشت گەنجینە شاردراوەکانی بن ئاوەکانی کەنداو و بیرە نەوتەکانی تێپەڕ دەکات.

کارەساتێکی دڵتەزێنی وەکو ئەوەی کە بە زەبرێکی کوشندەی کیمیایی، هەڵەبجەی لەسەر نەخشەی عیراق سڕییەوە، نابێ لە کوردستان یان لە هیچ وڵاتێکی تردا دوبارە ببێتەوە بۆ ئەوەی جیهان ئاوڕی لێ بداتەوەو پشتیوانیی خۆی بۆ گەلی کورد یان بۆ هەر گەلێکی تری ناو ئەم سیستەمە دەولییەی ئێستامان دەر ببڕێ.

کاتێکیش کە نوسەری بریتانی روجەر هاردی باسی سەردانی وەفدەکە دەکات، دەڵێت «ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە ناڕەزایی فەرەنسا لە حکومەتی عیراق، بۆتە مایەی پەیدابونی دۆستی نوێ لە رۆژئاوا بۆ کوردەکان کە پێشتریش، دوو ساڵ لەمەوبەر، لە ئەنجامی تیاچونی هەڵەبجەدا، هاوسۆزییەکی بەرفراوانیان وەدەست هێناوە». بەپێچەوانەی ئەم تاقیکردنەوەیە کە بۆ دۆستایەتیی گەلانی دنیاو بەتایبەتی بۆ گەلی فەرەنسای پشتیوانی بەرجەستەی ئازادی و مافی مرۆڤ تاقیکردنەوەیەکی تراژیدییە، دەبێ رێبازی دۆستایەتیی نێوان گەلان، راستگۆیی خۆی دوپات بکاتەوە. بەپێچەوانەی هەموو تاقیکردنەوە تراژیدییەکانی ترەوە، دەبێ رژێمە سیاسییەکان لە لیستی ئەرکە ستراتیجییەکانی خۆیان، کێشەی هەرە گرنگی گەلان و نەتەوە چەوساوەکان و مافی رەوایان لە مانەوەدا، تۆمار بکەن.

گەلی کورد لە میانەی خەباتە خوێناوییەکەیدا هەوڵ بۆ مانەوەو بەردەوامیی ژیان دەدات، نەك بۆ لەدەستدانی. بە هەمان شێوەش هەوڵ دەدات بۆ وەدەست خستنی دۆستایەتیی گەلانی جیهان لە رێگەی قەناعەت پێ کردنەوە بەگوێرەی بەڵگەو راو بۆچونی واقیعییانەوە، نەك بە هەڵەبجەیەکی تر یان بە هەر روداوێکی تری تراژیدی کە پێشهاتێکی خوێناوی لە گۆشەیەکی تری ئەم جیهانەدا دروست بکات.

سەرچاوە: رێبازی نوێ، ژمارە ٩، ئەیلولی ١٩٩٠.

## بەرەی کوردستانی (رۆژنامە)


بەرەی کوردستانی

ئۆرگانی ناوەندیی بەرەی کوردستانی عیراق بە زمانی کوردی. یەکەم دەستەی نوسەرانی پێکهاتبوو لە جەلال دەباغ وەك نوێنەری لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق. فەلەکەددین کاکەیی وەك نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، فەرید ئەسەسەرد وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و قادر جەباری وەك نوێنەری حزبی

سۆسیالیستی کوردستان. پاش دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەکە، ئەرسەلان بایز لەدەستەی نوسەراندا جێی فەرید ئەسەسەردی گرتەوە.

لەبەر ئەوەی بارەگای راگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە گوندی راژان بوو لە نزیك شاری شنۆ لە ئێران، بارەگای رۆژنامەکەش هەر لەوێ بوو. دەزگای چاپی تایبەتی نەبوو، بەڵکو بۆ تایپ‌و دیزاین کردن و راکێشان بە رۆنیۆ سوود لە ئامێرەکانی چاپی دەزگای راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە.

ئەم رۆژنامەیە بەدوو خول ٣٢ ژمارەی لێ دەرچووە. خولی یەکەم ١٨ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە ئەیلولی ١٩٨٨ دەرچووەو ژمارە ٢٤-٢٥ کە دوایین ژمارەی خولەکەیە لەکانونی دووەم- شوباتی ١٩٩٠ دەرچووە. هەموو ژمارەکانی ئەم خولە لەگوندی راژان دەرچون.

ئامانجی رۆژنامەکە دەربڕینی سیاسەت و هەڵوێستەکانی بەرەی کوردستانی‌و قوڵ کردنەوەی گیانی تەبایی بووە لە نێوان لایەنە پێکهێنەرەکانی بەرەی کوردستانی‌و لەم روەوە لاپەڕەی تایبەتی بۆ روماڵ کردنی چاپکراوەکانی لایەنە بەشداربووەکانی بەرە تەرخان کردبوو و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانی بڵاوکردۆتەوە.

رۆژنامەکە لەم خولەدا لە رێی گوتارە راگەیەنراوەکەیەوە گوزارشتی لە هەڵوێستی یەکگرتوی لایەنەکانی بەرە کردووە.

قەوارەی ژمارەکانی ئەم خولە فولسکابە. ئەوەی لەم رۆژنامەیە جێگای سەرنجە، ئەو بیروڕاو بۆچونانەن کە لە لاپەڕەی ئازادو سەکۆی کراوەی رۆژنامەکە بڵاوکراونەتەوەو چەردەیەك بابەتی گرنگیان تێدا وروژێنراوە.

بەشێکی زۆری بابەتەکان بەبێ ناو بڵاوکراونەتەوە بەڵام هەندێ لە نوسەرەکان بە ناوی خۆیان بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە هاشم کۆچانی، ئەرسەلان بایز، بەرۆژ ئاکرەیی، جەوهەر کرمانج، فەلەکەددین کاکەیی، کاکل حەسەن، رێبین ئەحمەد هەردی، ئازاد جندیانی، عەلی بچکۆل، کاروان عەبدوڵڵا.

ژمارەکانی خولی یەکەم دیزاینێکی پێشکەوتویان هەیەو لە بواری بڵاوکردنەوەی هەواڵدا بە دەوڵەمەند دەژمێردرێن.

خولی دووەمی رۆژنامەکە ٧ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووەو ژمارەی حەوتەم لەشوباتی ١٩٩٢. هەموو ژمارەکانی ئەم خولە لە هەولێر دەرچون. رۆژنامەکە لەم خولە بەقەوارەی ٤٨ بە ٣٤ سم دەرچووەو لەلاپەڕەی یەکەم‌و دوا لاپەڕەدا رەنگ بەکار هاتووە. هەر حەوت ژمارە بە ٨ لاپەڕە دەرچون.

بابەتەکانی ئەم خولە لە ژێر کاریگەریی راپەڕینی ١٩٩١و کۆڕەوە ملیۆنییەکەو وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانی‌و رژێمی عیراقدان، بۆیە رۆژنامەکە بەتۆمارێکی دیکۆمێنتاری گرنگی ئەو قۆناغە دادەنرێ‌و لەڕوی بڵاوکردنەوەی هەواڵدا زۆر دەوڵەمەندە. رۆژنامەکە بایەخێکی تایبەتی بەرِوداوەکانی ماوەی نێوان راپەڕینی ١٩٩١و هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان داوەو لەو روداوانەی کە بەچاکی روماڵی کردوون، پێکدادانی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراق لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا لەکفری‌و سەرقەڵاو تۆپباران کردنی باخی بەختیاری‌و گردی کاك ئەحمەدی بۆنخۆش‌و گەڕەکی وڵوبەی شاری سلێمانی، بەسترانی کۆنگرەی راپەڕینی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان لە شەقڵاوە، مانگرتنە درێژخایەنەکانی هەولێرو سلێمانی لە دژی رژێمی بەعس، بەسترانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی

زانایانی ئاینی ئیسلام لە شاری هەولێر، وروژاندنی مەسەلەی هێنانە کایەی سیستمی فیدرال لە عیراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

سەرنوسەری ئەم خولەی رۆژنامەکە کارگێڕی بەرەی کوردستانیو نوێنەری پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) عەبدوڵڵا ئاگرین بوو. ژمارەکانی ئەو خولە لە هەولێر لە چاپخانەکانی وەزارەتی رۆشنبیریو وەزارەتی پەروەردەو زانکۆی سەلاحەددین چاپ کراون.

ژمارەیەك نوسەر بابەتیان لە ژمارەکانی ئەم خولەدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە عەبدوڵڵا ئاگرین بوو، حەسیب قەرەداغی، فەتاح کاوە، محەمەد حەمە باقی، عەزیز نەقشبەندی، هەندرێن قەرەداغی، محەمەد نوری تۆفیق، فرەنسۆ هەریری، رەمزی قەزاز، حەمید سوری.

## بەستەستێن (شەڕ)

پێکدادانێکی ٣ سەعاتییە لە نێوان مەفرەزەیەك لەپێشمەرگەکانی کەرتی ٧ی هەرێمی پارێزگاری و ژمارەیەکی زۆر لەجاش و سەربازی سوپای عیراق لە پشتی ئۆردوگای بەستەستێن لە ١ی ئابی ١٩٧٩.

هێزەکەی پێشمەرگە کەوتبووە ناو بۆسەی جاش و سەربازەکانەوە، بەڵام خۆڕاگرییەکی دیاری نواند، سەرباری ئەوەی کە توانی بۆسەکە بشکێنێ و بەبێ هیچ زیانێکی گیانی دەرباز بێ، زیانی کوژرانی پێنج سەربازیشی لە دوژمن دا.

## بەستەستێن (راپەرین)

راپەرینی ئۆردوگای زۆرەملێی بەستەستێن بە ڕابەرایەتیی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبەکانی تر لە١٢و ١٣ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨١ لە دژی دەستدرێژییەکانی جاش و دەستوپێوەندەکانی رژێمی بەعس.

هۆی راستەوخۆی راپەڕینەکە نارەزایی دانیشتوانی ئۆردوگاکە بوو لە کوژرانی هاووڵاتی حاجی عەبدوڵڵا شەل بە دەستی جاشەکان لەسەر سنوری عیراق- ئێران لە کاتی هەوڵدانی بۆ بردنی هەندێ بار بە وڵاخ لە سنوری عیراقەوە بۆ ناو سنوری ئێران. دوا بەدوای رووداوەکە، جاشەکان لە ناو ئۆرۆدوگای بەستەستێن پەلاماری هاووڵاتییەکیان دا کەبارێك چای پێ بوو، گرتیان و دەستیان بەسەر بارە چاکەدا گرت.

لە١٢ی کانونی یەکەمدا رێکخستنە نهێنییەکان هەڵمەتێکی نارەزایی دەربڕینیان ساز کردو بەرنامەیەکیان بۆ ریکخستنی خۆپیشاندان دانا. هەزاران کەس لە دانیشتوانی ئۆردوگاکە رژانە ناو بازاڕ، شەقامی سەنگەسەر- قەڵادزێیان بڕیو داوایان لەحکومەت کرد سنورێك بۆ دەستدرێژییەکانی جاشەکان دابنێ، بکوژانی هاووڵاتی حاجی عەبدوڵڵا شەل بدرێنە دادگاو کەلوپەلە دەست بەسەردا گیراوەکەی بدرێتەوە بە خێزانەکەی.

هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لەڕانیەوە گەیشتە شوێنی خۆپیشاندانەکەو گەمارۆی خۆپیشاندەرەکانی دا. وتووێژ لە نێوان کاربەدەستانی حکومەت و نوێنەرانی خۆپیشاندەرەکان دەستی پێکرد، بەڵام تەقەکردنی هێزەکانی ئاسایش لە خۆپیشاندەران، رەوشەکەی ئاڵۆزتر کرد. تەقەکردنەکە کوژرانی هاووڵاتییەك بە ناوی عەزیز ئەحمەدو برینداربونی چەند کەسێکی تری لێ کەوتەوە.

هەر ئەو شەوە، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی هاوار جەلال لێپرسراوی رێکخستنی ناوچەی سەنگەسەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتە ئۆردوگاکە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی

ناو ئۆردوگاكەوە كردو ڕێنمایی پێویستی دانێ. هەروەها ڕێككەوتن لەسەر ئەوە كرا كە بەردانی گیراوە سیاسییەكان بۆ لیستی داخوازیی خۆپیشاندەران زیاد بكرێ.

لە١٣ی مانگدا ئاپۆرەی جەماوەری خۆپیشاندەر بەرەو ڕێگای ڕانیە- قەڵادزێ بەڕێ كەوت. جاشەكانی دەوروبەری بەستەستێن تەقەیان لە خۆپیشاندەرەكان كردو هێزێكی سوپاش لەقەڵادزێوە هات و بەتەقەكردنەوە بڵاوەی بەخۆپیشاندانەكە كرد.

ڕاپەڕینەكە هیچ ئامانجێكی بەدەست نەهێنا بەڵام ڕێی بۆ هەڵایسانی ڕاپەڕینێكی بەربڵاوتر خۆش كرد كە پاش چوار مانگی تر، لە٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٢ لە قەڵادزێ هەڵدەگیرسێو سەرتاسەری شارەكانی كوردستان دەگرێتەوە.

## بەعیراقیكردنی شۆڕش (تیۆری)

تیۆرییەكە لە كۆتایی ساڵی ١٩٧٥، لە كاتی هەوڵدانىدا بۆ ڕێكخستنی پەیوەندییەكانی نێوان كۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەسوریا، هاتە پێش. پاش ئەوەی یەكێتی لە شوباتی ١٩٧٦ بوو بەئەندام لە كۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، بە شێوەیەكی فەرمی كەوتە بانگەشەكردن بۆ تیۆریی بەعیراقیكردنی شۆڕش یاخود شۆڕشی عیراقی لەگوتاری سیاسییدا.

ئەم تیۆرییە لەسەر سێ بنەما دامەزراوە كە بریتین لە:

١-ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق.

٢-هێنانەدیی دیموكراسی لە عیراق و سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ كورد.

٣-فراوانكردنی قەڵەمڕەوی شۆڕش بە ڕادەیەك كە تەنها هەرێمی كوردستان نەگرێتەوە، بەڵكو دەرەوەی هەرێمیش بگرێتەوە.

لە قۆناغی دامەزراندندا یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان وەك پلانێكی ستراتیجی مامەڵەی لەگەڵ تیۆرییەكەدا كردو وای تێڕوانی كە ئامانجەكانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموكرات لە عیراق بە هاوكاریی كوردو عەرەب و هەموو عیراقییەكان دێنە دی و لەم سۆنگەیەوە پێویستە شۆڕش سەرتاسەری عیراق بگرێتەوە، نەك تەنها یەك ناوچە. ئەو شۆڕشەش كە هەموو عیراقییەكان تێیدا بەشدار دەبن و پێكەوە بە سەرخستنی دەگەیەنن، شۆڕشێكی عیراقی دەبێ و سەركەوتنەكەشی بۆ هەموو عیراقییەكان سەركەوتنێكی هاوبەش دەبێ. یەكەم پڕۆژەی پڕۆگرامی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كە دەستەی دامەزرێنەر لە سوریا لە ئەیلولی ١٩٧٦ پەسندی كردووە، بە ڕوونی پشتگیریی لە پلانی بەعیراقی كردنی شۆڕش كردووەو لەم بارەیەوە ئەوەی تێدا هاتووە:

«لەو نۆڕینەشەوە كە ئیمپریالیزم و چینە چەوسێنەرە حوكمڕانەكان دوژمنە سەرەكییە مەترسیدارەكە پێكدێنن و لەو گۆشە نیگایەشەوە كە لە ناوبردنیان هۆكارێكە بۆ بەدی هێنانی ئازادییە دیموكراتییەكان و جێبەجێ كردنی ریفۆرمی زەوی و هێنانە سەر كاری دەسەڵاتێكی نیشتمانیی پێشكەوتنخوازو جێبەجێ كردنی تەواوی ئەركە دیموكراتییەكان، دەبێ ئەركی ململانێ لە دژی دەرەبەگایەتی و بورژوازیی كۆمپرادۆرو كۆسمۆپۆلیتی خۆماڵی بە پێوانەی پێداویستییەكانی ململانێ دژی ئیمپریالیزم و چینە فەرمانڕەوا كۆنەپەرستەكان مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ.

جا لەبەر ئەوەی ئامانجە نیشتمانی و دیموكراتییەكانی شۆڕشی كورد لە عیراق تەنها و تەنها بە جێبەجێ كردنی ئەم دوو ئەركە دێنە دی (واتە ئەركی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و

هێنانه دیی حکومەتێکی ئیئتیلافیی دیموکرات و پێشکەوتنخواز لە عیراق و ئەرکی لە ناوبردنی دەرەبەگایەتی و پەیوەندییە خێڵەکییەکان لە کوردستان)، کەواتە دەبێ ئەو شۆڕشە بکرێ بە شۆڕشێکی عیراقی و ببێ بە شۆڕشی کوردو عەرەب و هەموو هاووڵاتییانی تورکمان و ئاشوری و گروپەکانی تر کە لە سەرەنجامدا مەسەلەی کورد، لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی شۆڕشە دیموکراتییە نیشتمانییەکەی عیراقدا، بە شێوەیەکی دیموکراتییانە چارەسەر دەکرێ».

لەو هەلومەرجەدا کە تێیدا یەکێتی نەخشەی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار دانا بوو، پشتگیری کردنی ئەم تیۆرییە خزمەتێکی زۆری ئەم نەخشەیەی کرد، چونکە سوریا بە هاندانی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، هەموو پێداویستییە لۆجستیکییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بۆ یەکێتی فەراهەم کردو بنکەیەکی پێویستی بۆ جموجۆڵی سیاسی بۆ کورد دابین کرد، جگە لەوەی کە پشتگیری کردنی تیۆرییەکە جوڵانەوەی کوردی لەگۆشەگیری رزگار کرد.


ئەم تیۆرییە بووە مایەی رێکخستنی پەیوەندییەکانی یەکێتی و باڵی سەر بە سوریای حزبی بەعس. تیۆرییەکە لەوە تێپەڕی بوو کە تەنها بە ڕوخاندنی رژێمی عیراق دابکەوێ، بەڵکو بەکردەوەو لەگەوهەردا رۆڵێکی بۆ کورد لە پرۆسەی روخاندنی رژێمی عیراقدا دیاری کرد بوو، ئەو مافەشی بۆ باڵی سەر بە سوریای حزبی بەعس سەلماندبوو کە جێی باڵی ئەحمەد حەسەن بەکر-سەددام بگرێتەوە.

ساڵی ۱۹۷۹ یەکێتی وەك پابەندبوونێك بەسیاسەتی بەعیراقیکردنی شۆڕش، ناوی ئێزگەکەی لە دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ دەنگی شۆڕشی عیراق گۆڕی و ئەم ناوە تا ئەیلولی ۱۹۸۳ بڕی کرد، کاتێك ناوەکە کرا بەدەنگی گەلی کوردستان. هیچ دیکۆمێنتێکی فەرمی سەبارەت بەوازهێنان لە تیۆریی بەعیراقیکردنی شۆڕش دەرنەچووە، بەڵام دەتوانرێ ۱۲ی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۸۰ بەسەرەتای فەرامۆش کردنی ئەم تیۆرییە دابنرێ، چونکە لە ۱۲ی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۸۰ بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتیی دیموکرات (جەوقەد) راگەیەنرا کە لایەنە پێکهێنەرەکانی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، واتە هەر یەك لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و باڵی سەر بە سوریای حزبی بەعس و بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب و پارتی سۆسیالیستی عیراق ئەندام بوون تێیداو لەم سۆنگەیەوە پێکهێنانی جەوقەد بە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ هەڵوەشانەوەی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق دادەنرێ.

لە جەوقەد لە کاتێکدا کە باس لە ڕوخاندنی رژێمی عیراق وەك ئامانجی سەرەکی کراوە، بە هیچ شێوەیەك باس لە بەعیراقیکردنی شۆڕش نەکراوە، بۆیە لە ڕاگەیاندنی جەوقەد بەدواوە، پابەندبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتیۆریی بەعیراقیکردنی شۆڕش هەڵپەسێردرا و لێرە بەدواوە لە گوتاری سیاسیی یەکێتیدا چیتر ئاماژە بە مەسەلەی بەعیراقیکردنی شۆڕش نەکراو زۆرتر جەخت کرایە سەر روخاندنی رژێم و هێنانە دیی دیموکراسی و بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

تاکە رایەڵەی نەپچڕاو لەگەڵ تیۆریی بەعیراقیکردنی شۆڕش، ناوی ئێزگە بوو کە هەر بە ناوی دەنگی شۆڕشی عیراقەوە مایەوە. بەڵام لە ئازاری ۱۹۸۵دا، ئەم تاکە رایەڵەیەش پچڕاو ناوی ئێزگە لە دەنگی شۆڕشی عیراقەوە کرا بە دەنگی گەلی کوردستان.

## بەکر ئەحمەد یەعقوب



کادیرو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی شێخ شێروانی ناوچەی شەمامکی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٦٥ چوو بۆ هەولێر بۆ خوێندن و هەر لەوێ ناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٦٨ چۆتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. لە سەرەتای حەفتاکاندا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردوەو لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، ماوەیەك لە ئێران ئاوارە بوو، پاشان گەڕایەوە بۆ عیراق و لەفەرمانگەیەکی کشتوکاڵ لە چۆمان دامەزرا و هەر لەوێ پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە کردەوە. ساڵی ١٩٧٩ گواسترایەوە بۆ فەرمانگەی کشتوکاڵی قوشتەپە.

لەو ماوەیەدا هەڵسوڕانێکی دیاری لە ناو رێکخستنەکانی هەولێردا نواند و بەم پێیە لە ساڵی ١٩٨٤دا بووە ئەندامی رێکخراوی هەولێر. ساڵی ١٩٨٥ دوا بەدوای ئاشکرابوونی هەندێ شانەی کۆمەڵەی رەنجدەران لە هەولێر، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بووە ئەندامی کەرتی رێکخستنی شەقڵاوەو دواتر بووە رابەری سیاسیی تیپی ٩١ی سەفین و پاشان وەك بەرپرسی رێکخستنی سنوری بتوێن بۆ تیپی ٩٩ی بیتوێن گوێزرایەوە.

لە سەروبەندی قەیرانی کوێتدا، بەپێی نەخشەی سازکردنی راپەڕینی شارەکان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا دابەزی و بەشدار بوو لە رزگارکردنی شار و شارۆچکەکاندا. پاش راپەڕین، لێپرساوەتیی کۆمیتەی رێکخستنی مەخموری گرتە ئەستۆو پاش هەڵبژاردنەکانی مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر بەکارگێڕ هەڵبژێردرا.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ١٩٩٢دا ناوی لە لیستی سەوزدا بوو. ساڵی ١٩٩٣ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ئاکرێ و لە ساڵی ١٩٩٥دا بوو بە قایمقامی ناوەندی هەولێر. ساڵی ١٩٩٨ لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمدا بووە قایمقامی کۆیەو دواتر بەهەمان پلە بۆ رانیە گواسترایەوە. لە سەردەمی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندامی دوو لیژنەی ئاشتی بوو. ساڵی ٢٠٠٢ بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە قۆناغی گواستنەوەدا.

ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی مێژووی لە زانکۆی کۆیە بەدەست هێناو هەر ئەو ساڵە بە هەڵبژاردن بووە بەرپرسی مەڵبەندی مەخمور. ساڵی ٢٠٠٨ ماجستێری لە مێژووی ئەمریکا وەرگرت. پاش کەمکردنەوەی ژمارەی مەڵبەندەکان لە ساڵی ٢٠١٠، کرایە جێگری لێپرساوی مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر.

دیارترین بەرهەمەکانی: «دەرکەوتنی ئەمریکا وەك زلهێزو رۆڵی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا ١٩١٩- ١٩٨٠» (٢٠٠٨) (بە زمانی عەرەبی).


## بەکر بایف (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ لە ناوچەی گەرمیانو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە ١٨ی نیسانی ساڵی ١٩٧٨.

ژمارەی پێشمەرگە لە ناوچەی گەرمیان خەریك بوو زیاد دەبوو. بۆیە فەرماندەیی ناوچەیی سوپای عیراق بڕیاریدا بوو بکەوێتە گەڕ بۆ لە ناوبردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی گەرمیان بەر لەوەی جموجوڵی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە ببێ بەمایەی مەترسی. بۆیە لە ١٨ی نیسانی ١٩٧٨ هێزێکی بەربڵاوی سوپا بە پاڵپشتی زرێپۆش و هەلیکۆپتەر هێرشێکی بەرینی بردە سەر ناوچەکەو لە نزیك گوندی بەکر بایف توشی پێکدادان بوو لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا.

هێزی پێشمەرگە بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوەو زیانی کوژراوو برینداری لێدا. هەروەها هەلیکۆپتەرێکی بارهەڵگر لە نزیك گوندی بەکر بایف کەوت و گڕی تێبەر بوو. سەرنشینەکانی کە ژمارەیان ٣٤ سەرباز بوو، هەمویان گیانیان لەدەستدا. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو.

## بەکر حاجی سەفەر



پێشمەرگەی دێرینو فەرماندەو ئەندامی دێرینی سەرکردایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٢ی شارۆچکەی پێنجوێن. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرە. ساڵی ١٩٥٠ لە پێنجوێن خراوەتە بەر خوێندن و ساڵی ١٩٥٦ بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی چۆتە هەڵەبجە. هەر لەو ساڵەشدا لە سۆنگەی کەف و کوڵی کوردایەتییەوە، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەشدار بوو لە پێکهێنانی ڕێکخراوێك بە ناوی کۆمەڵەی کاوەوە، بەڵام ئەم ئەزمونە هیچی لێ سەوز نەبوو. دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو لەم ڕێیەوە چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.

ساڵی ١٩٦١ کرایە ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەی پارتی. ساڵی ١٩٦٢ لەپێنجوێن هەمان پلەی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٦٣دا کرایە کارگێڕی ناوچە. لە ساڵی ١٩٦٤دا بووە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پێنجوێن. هەر ئەو ساڵە پاش دروستبونی دوبەرەکی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد.

ساڵی ١٩٧٠ دوا بەدوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازارو دەستپێکردنی قۆناغی ئاشتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕژێمی عیراق، کوردستانی بەجێ هێشت و لە بەغداگیرسایەوە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد کە تازە بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا بوو.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، سەرەڕای ئەوەی کە بۆ پۆستی ئەندامی لیژنەی ناوچەی لقی چواری پێنجوێن کاندید کرابوو، لەبەر بۆچونە پێشکەوتنخوازو چەپەکانی، هیچ پۆستێکی پێ نەدرا.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، بۆ پتەوکردنی هەڵسوڕانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، هەوڵێکی زۆری داو لە ساڵی ١٩٧٦دا لێپرسراوێتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی لەپێنجوێن گرتە ئەستۆ. لەم سەروبەندەدا پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردو لە تشرینی دووەمی ١٩٧٦دا پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کرد. هەر کە

ئەم هەواڵە گەیشتە دەزگا ئەمنییەکان، دەمو دەست باوکی و دوو برای و خێزانەکەی و کوڕو کچەکەی دەستگیر کران. باوکی بەهۆی نەخۆشییەوە، زوو ئازاد کرا بەڵام ئەوانی تر هەمویان بە دەستگیرکراوی ڕەوانەی شاری ناسریەی باشوری عیراق کران و پاشان لە ساڵی ١٩٧٨دا بەلێبوردنی گشتی ئازاد کران.

ساڵی ١٩٧٧ لە سنوری پارێزگای سلێمانی لیژنەیەك لە سێ ئەندام بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری مەفرەزە سەرەتاییەکان پێك هات، ئەندامەکانی بریتی بون لە عومەر عەبدوڵڵاو تاهیر عەلی والی بەگ و بەکر حاجی سەفەر. پاش پێکهێنانی هەرێمەکان لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، هیچ پێویستییەك بۆ مانەوەی لیژنەکە نەما. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سێ لقی دروست کرد، لەوانە لقی یەك کە لێپرسراوەتییەکەی بە خالید سەعید سپێردراو هەر یەك لە بەکر حاجی سەفەرو ئەحمەد فەتحوڵڵا کرانە کارگێڕی لقەکە. لە مانگی ئازاردا لەیەکەم کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەگوندی نۆکان، بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرا. لە کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی کەهەر ئەو مانگە بەستران، دوای ئەوەی کەبڕیار درا خالید سەعید بە هێزێکەوە بچێ بۆ سەر سنوری عیراق- تورکیا، بەکر حاجی سەفەر لە جێی ئەو کرایە لێپرسراوی لقی یەك.

لە کۆبونەوەی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ی کادیرانی کۆمەڵەدا لەگوندی شێنێ، بۆ جاری دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەڵبژێردرایەوە. ساڵی دواتر، دوا بەدوای جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لە یەکێتی، کرایە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی و لێپرسراوەتیی هەرێمی ٣ی شارباژێریشی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٠ لە سەروبەندی ڕاپەڕینی پێنجوێندا، دەزگا ئەمنییەکان چەند کەسێکیان لەخزم و کەسوکاری دەستگیر کرد. دواتر ئازاد کران بەڵام ژنەکەی و دوو برای بە دەستگیرکراوی ڕەوانەی دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك کران و لە ساڵی ١٩٨٢دا بەلێبوردنی گشتی ئازاد کران.

ساڵی ١٩٨٣ لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی لەگوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی، کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی یەك. لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەی «ئاڵای شۆڕش» لە ساڵی ١٩٨٥ لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەوڵی دڵسۆزانەی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان داو هەموو توانای خۆی بۆ نزیك کردنەوەی بۆچونە جیاوازەکان بەکار هێناو ماوەیەك بەبێ وەرگرتنی هیچ لێپرسراوەتییەك بە ماڵەوە لەگوندی چۆخماخی دۆڵی جافەتی گیرسایەوە.

لە سەرەتا ساڵی ١٩٨٦ لێپرسراوەتیی بەرەیەکی فراوانی لە دۆڵەڕوتەوە تا دەوروبەری کارێزە پێ سپێردراو هەر ئەو ساڵە بەشدارییەکی کارای لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەتدا کرد. لە کاتی دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالی یەکی دۆڵی جافەتیدا، بەرپەرچی هێرشەکانی سوپای عیراقی دایەوەو سەرپەرشتیی بەرەکانی دۆڵەڕوت و باڵخ و گاپیلۆنی کرد. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە شاری سەقز لە کوردستانی ئێران گیرسایەوە.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ئەرکی لۆجستیکیی پێ سپێردرا. پاش ڕزگارکردنی سلێمانی و خۆئامادەکردن بۆ ڕزگارکردنی کەرکوك، لەگەڵ هەر یەك لە شۆڕش ئیسماعیل و زێرۆ ئەحمەد لیژنەیەکیان بۆ ناردنی پێشمەرگە بۆ بەرەی کەرکوك لێ پێك هێنرا.

ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی سەوز هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٩ بە ئەندامی

خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانراو لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە ساڵی ٢٠١٠، بە ئەندامی خولی دووەمی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی ناوەندا وەك بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی کردو دواتر بە سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠١١ بەهۆی نەخۆشییەوە دەستی لەکار کێشایەوە.

لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤دا پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کرد.

## بەکر خوردەلوکی



پێشمەرگەی دێرینو فەرماندە. ناوی تەواوی ئەبوبەکر کەمال تاهیر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گوندی خوردەلوکی ناوچەی سورداش. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردوەو ساڵی پاشتر بۆتە پێشمەرگە لەکەرتی یەکی هەرێمی ٢ی کەرکوك. ساڵی ١٩٨٢ لە تیپی ٢٣ی سورداش پلەی فەرماندەی مەفرەزەی بەدەست هێناوەو ساڵی دواتر کراوەتە فەرماندەی کەرتی یەك.

ساڵی ١٩٨٥ بۆتە فەرماندەی کەرتی تیپی مەڵبەندی دوو کە بارەگاکەی لەگوندی سەرگەڵوو بوە لەدۆڵی جافایەتی. ساڵی ١٩٨٧، دوا بەدوای شەهیدبونی عەلی عەبدولڕەحمان سەعید ناسراو بە عەلی بەگ فەرماندەی کەرتی ٩و جێگری فەرماندەی تیپی مەڵبەندی دوو، لێپرسراوەتیی کەرتەکەی پێ سپێردراوە.

ساڵی ١٩٨٨ لە سەروبەندی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال بۆ سەر دۆڵی جافەتی، کشایەوە بۆ سەر سنورو لەوێوە لەگەڵ هێزەکەی غەریب هەڵەدنیدا چووە سنوری مەڵبەندی سێ بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق.

ساڵی ١٩٨٩ بەشدار بوو لە پێکهێنانی چەند مەفرەزەیەکی چەکداری سرك لەشارۆچکەی پیرەمەگرون بەڵام ئاشکرابونی هەندێ ئەندامی ڕێکخراوەکە ناچاری کرد تا ساڵی ١٩٩١ بەپارتیزانی لە ناوچە سوتماکەکاندا بمێنێتەوە. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا بەشدار بوو لە شەڕەکانی ناو سلێمانیو دواتریش بەشدارییەکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی کەرکوکدا کرد.

پاش ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی تیپ لە بەتالیۆنی چەمی رەزان. ساڵی ١٩٩٣ لێپرسراوەتیی بەتالیۆنی ٥ی لەشکری ٧ی دوکانی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٥ کرایە جێگری فەرماندەی لەشکری ٢ لەفەرماندەیی ٥ی دوکان و ساڵی ٢٠٠٠ بووە سەرلەشکر لە هەمان فەرماندەیی. ساڵی ٢٠٠٢ کرایە جێگری فەرماندەی هەمان فەرماندەیی. ساڵی ٢٠٠٣ بەشدار بوو لە شەڕەکانی پاککردنەوەی هەورامان لەگروپی ئەنسارولئیسلام، هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئۆپەراسیۆنی چونە ناو کەرکوکدا گێڕا. ساڵی ٢٠١٤دا لە سەروبەندی جەنگی دژ بە داعش، بەشدار بوو لە شەڕەکانی تەلوەرد، مەلا عەبدوڵڵاو جەلەولا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا شەش جار بریندار بووە: ساڵی ١٩٨٢ لە چیای کاروخ، ساڵی ١٩٨٣ لە چیای هەلاج، ساڵی ١٩٨٦ لەگوندی قەمچوغە، ساڵی ١٩٨٧ لەگوندی تیمار، ساڵی ١٩٩٦ لە هیران و نازەنین و ساڵی ١٩٩٧ لە کاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا کە تێیدا هێزی پێشمەرگە زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانی لە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە.

## بەكر فەتاح حسێن



پێشمەرگەی دێرین‌و دپلومات. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شارۆچکەی ماوەت. قۆناغی سەرەتایی‌و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. دەرچووی ساڵی ١٩٧٨ی بەشی کیمیای کۆلیجی زانستەکانی زانکۆی سلێمانی.

مێژوی پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەچێتەوە سەر ساڵی ١٩٧٧. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوزەنگ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. بۆ ساڵی دواتر، کرایە ئەندامی مەکتەبی ئیدارە. لە ساڵی ١٩٨٣دا وازی لە مەکتەبی ئیدارە هێناو سەرقاڵی ئیشوکاری ڕێکخستن بوو، لەم سەروبەندەدا بووە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی شارباژێر.

ساڵی ١٩٨٤ بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە مێرگەپان‌و هەر ئەو ساڵە بەشداریی لەو خولەی کادیرانی ڕێکخستن کرد کە لە ماوەی نێوان ٢٥ی تشرینی دووەم‌و ٢ی کانونی یەکەم دەزگای ناوەندی رۆشنبیریی کۆمەڵە لەگوندی کانی تووی ناوچەی مەرگە بەڕێوەی بردووە. پاش تەواوکردنی خولەکە، لە ساڵی ١٩٨٥دا کرایە رابەری سیاسیی تیپی ٣٧ی شارباژێڕو لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە شارباژێر.

لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لەبەشێکی زۆری شەڕەکانی شارباژێڕو دۆڵی جافەتی‌و لە ساڵی ١٩٨٧دا سەرپەرشتیی تیپی ٣٧ی شارباژێری کرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیی کە ٩ ساڵی خایاندووە، دوو جار بریندار بووە، جارێك لە ساڵی ١٩٨٧ لە زینۆی سپی‌و جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاناخسێ بەچەکی کیمیایی.

ساڵی ١٩٨٩ ژیانی دپلوماتیی دەست پێدەکا. لەو ساڵەدا لە ئۆفیسی پەیوەندییەکانی تارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کرد. پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١و راگەیاندنی ناوچەی دژە فڕین، لە ساڵی ١٩٩٢دا کرایە لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە زاخۆو ئەرکی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان یەکێتی‌و هێزی هاوپەیمانانی بۆ کاروباری پاراستنی ناوچەی دژە فڕین گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٩٥ وەك نوێنەری یەکێتی بۆ ئیسپانیا نێردراو لە ساڵی ١٩٩٩ دا وەك نوێنەری یەکێتی بۆ ئیتالیا گوێزرایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا. لە ساڵی ٢٠٠٩دا لەوەزارەتی دەرەوەی عیراق پلەی باڵیۆزی پێ دراو بۆ ساڵی دواتر کرایە باڵیۆزی عیراق لە برازیل.

لە ئازاری ٢٠١٩دا بووە باڵیۆزی عیراق لە نەمسا.

## بەکر قالەمێری ئیسێوەیی*



فەرماندەی تیپ و پێشمەرگەی پارتیزان. ناوی تەواوی ئەبوبەکر قادر عەلی ناسراو بە بەکر قالەمێری ئیسێوەیی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گوندی ئیسێوەی ناوچەی پشدەر. لەبەر نەبونی خوێندنگە لەگوندەکەی، نەخراوەتە بەر خوێندن‌و پیشەی جوتیار بووە.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو پاش ساڵێك لە هەرێمی ١٠ی جوتیاران بووە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٢ پاش کارکردن بە سیستمی تیپەکان و پێکهێنانی تیپی ٦٣ی جوتیاران، گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٥ی ئەو تیپەو لەوێ بەهۆی لێهاتوییەوە کرایە جێگری فەرماندەی کەرتەکە.


لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشدار بووە لەزۆر شەڕو نەبەرد لەوانە شەڕەکانی گردە بێناس (١٩٨٣)و زینوی سپی (١٩٨٧)و سەری سادر (١٩٨٩)و ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی وەك بناری قەندیل (١٩٨٣) دابان- هەلاج (١٩٨٥)و قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧).

ساڵی ١٩٨٩ کرایە فەرماندەی کەرتی ٥ی تیپی ٦٣ی جوتیاران و هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە چالاکییەکانی هێزی پارتیزان و لەسۆنگەی کارامەییەوە کرایە فەرماندەی تیپی ١٥٣ی پارتیزانەکانی بەتالیۆنی ١٥ی چەمی رێزان و یەکێ لەو چالاکییانەی کەسەرکەوتوانە توانیویەتی ئەنجامی بدات ئەوەیە کە بڕێکی زۆر ئازوقەو پێداویستیە لۆجستیکییەکانی لەسەر سنوری عیراق- ئێرانەوەو بە ناوجەرگەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی عیراقەوە، گەیاندۆتە هێزە پارتیزانەکانی چیای ئاسۆس و ناوچەی سورداش.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا بەپێی ئەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو، توانی لە ماوەیەکی پێوانەییدا هێزێکی پێشمەرگە لەکۆنە گەناوەوە بگەیەنێتە چیای ئاسۆس‌و ئەمەش دەرفەتێکی وای رێکخست کەزوتر بتوانرێ دەست بەسەر رەبیەو بارەگاو سەربازگەکانی بەری مەرگەو دوکاندا بگیرێت.

هەر دوا بەدوای رزگارکردنی شاری سلێمانی‌و دەوروبەری، بەشدار بوو لە ئامادەکارییەکانی رزگارکردنی قەرەهەنجیر و کەرکوك. شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی ئازاری ١٩٩١ لە هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سەربازگەی خالید لە دوبز، سەرپەرشتیی یەکێ لە قۆڵەکانی هێرشەکەی کردو لەوێدا شەهید بوو.

## بەکر گەورە دێیی*



فەرماندەو پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی ئەبوبەکر مەحمود گەورە دێیی ناسراو بە بەکر گەورە دێیی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی گوندی گەورە دێی سنوری ناحیەی ماوەت. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو پاش پێکهێنانی هەرێمەکان، لە هەرێمی ٤ پێشمەرگایەتیی کردووە. ساڵی ١٩٧٨ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا کە ئامانجەکەی وەرگرتنی بڕێکی گەورەی چەك بوو کەنیاز وابوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگەو لەم ئۆپەراسیۆنەدا مەینەتی‌و چەرمەسەرییەکی زۆری بینی.

ساڵانی دواتر درێژەی بەژیانی پێشمەرگایەتی داو بەشداریی لە بەشێکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کرد لەوانە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧)و شەڕەکانی دۆڵی جافەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالی یەك (١٩٨٨)و شەڕەکانی مەڵبەندی سێ (١٩٨٨).

پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی سەر سنور، لە بنکەکانی سەر سنور

گیرسایەوە. دوای قۆناغی ئەنفالەکان و دروست کردنی مەفرەزەی پارتیزان بۆ نواندنی چالاکیی پێشمەرگانە لە ناوچە چۆڵکراو و سوتماکەکان، وەك پێشمەرگەیەکی پارتیزان للە مەفرەزەی دۆڵێی سەر بەڕەتلی پارتیزانەکانی سورداش درێژەی بە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆی دا.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا دابەزیو بەشداریی لەراماڵینی دەسەڵاتی رژێمی بەعس کردو بەشداریش بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری کەرکوك. پاش راپەڕین و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشدار بوو لە پێکهاتەکانی سوپای یەکگرتووی کوردستان و لەو ماوەیەدا چەندین پلەو لێپرسراوەتیی پێ دراوە. دوا پلەی فەرماندەی تیپی ١٠٦ی پیرەمەگرونی لەشکری شارباژێڕ بوو. لە٢٩ی ئەیلولی ١٩٩٦ دا لە کاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیونی «گەردەلولی تۆڵە»دا لە چیای خۆڵە تەپەی ناوچەی شارباژێڕ شەهید بوو.

## بەکر مستەفا سەعید



فەرماندەو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی سیاو لەباشووری رۆژئاوای شاری هەولێر. بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر خێزانێکی جوتیاری مامناوەنجی، ساڵی ١٩٥٩ کە خوێندنگە لەگوندەکەیان کرایەوە، خرایە بەر خوێندن و پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی، چوو بۆ هەولێر و لەوێ خوێندنی ناوەندیی تەواو کرد. پاشان چوو بۆ ئامادەیی کشتوکاڵ و دوای تەواوکردنی خوێندنی لەوێ، بۆ ماوەی ١٨ مانگ خزمەتی سەربازیی لەئوم قەسرو بەسرە کرد.

دوابەدوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی، لە بەغدا بەشدار بوو لەخولێکی پەیمانگای مامۆستایان و لە ساڵی ١٩٧٤ بە مامۆستای سەرەتایی دامەزرا.

لە شەستەکاندا پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد بەڵام ساڵی ١٩٧٣ دوابە دوای پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتیی پێشکەوتنخواز لە نێوان پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب، وازی لە پارتی کۆمۆنیست هێنا. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٠، ئەو کاتەی کە بەڕێوەبەری خوێندنگەی گوندی قەڵامورتك بوو، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەستپێکرد.

هەر ئەو ساڵە بووە ئەندام لەلیژنەی شەهید ئاودێر کە ئەرکی رێکخستنی لە دەشتی هەولێر لە ئەستۆدا بوو. ساڵی ١٩٨١ بووە رابەری سیاسی لە ناوچەی خۆشناوەتی و بۆ ساڵی دواتر بووە لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی خۆشناوەتی. ساڵی ١٩٨٢ وازی لە لێپرسراوەتیی کەرتی رێکخستن هێناو بووە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٩١ی سەفین و بۆ ساڵی دواتر بووە فەرماندەی تیپ، هەر ئەو ساڵە لە شەڕێکدا لەگەڵ بەرەی جود بە سەختی بریندار بوو، ماوەی ٦ مانگی خایاند تا چاك بۆوە. هەمان ساڵ بووە ئەندام لەمەڵبەندی ٤ کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لەگوندی سماقوڵی بوو.

لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا، لەگەڵ تیپەکانی

تری هێزی پێشمەرگە، بەرگرییەکی زۆری کرد و لە چیای بەنی هەریرو کەپکی حەمەد ئاغا بۆ ماوەی زیاتر لە ٥٠ رۆژ بەرپەرچی هێرشەکانی سوپای عیراقی دایەوە.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لەرزگارکردنی کۆیە کردو دواتر کرایە لێپرسراوی قۆڵی قوشتەپە. پاش رزگارکردنی هەولێر لە ١١ی ئازار، ئەرکی کۆنترۆڵکردن و پاراستنی رێگای موسڵ- ئاکرێ- شەقڵاوەی پێ سپێردرا. دواتر بەشداریی لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوکدا کرد.


دوای راپەڕین، لە ماوەی وتوویژی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراقدا، کرایە فەرماندەی هێزی ١٢ی باڵەك کە باڵەکایەتی و چۆمان و حاجی ئۆمەران و سۆران و رەواندز و مێرگەسورو دۆڵی خانەقا لە سنوری دەسەڵاتیدا بوون. دواتر کرایە ئەندامی لەشکرو پاشان بووە لێپرسراوی لەشکری دوو. دوای پێکهێنانی سوپای یەکگرتووی کوردستان. کرایە لێپرسراوی فەرماندەیی ناوچەی هەولێر.

ساڵی ١٩٩٤ بۆ ماوەیەك کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر. بۆ ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی لەشکری ٤ی هەولێر کە بارەگاکەی لەگوندی بێرکۆت بوو. ساڵی ١٩٩٦ کوردستانی بەجێ هێشت و لەهۆڵەندە نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٩٧ گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پاش ٦ مانگ، کرایە پارێزگاری هەولێر لە کۆیە.

ساڵی ٢٠٠٦ بە لێپرساوی مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٠ دەستی لەکار کێشایەوە. هەر ئەو ساڵە کرایە راوێژکاری سەرۆکی هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە.

## بەکر مەجید رۆستەم*



پێشمەرگە. ناسراو بەمەلا بایز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٥ی گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی. تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندووە. ساڵی ١٩٦٤ بۆتە پێشمەرگەو هەر ئەو ساڵە کراوەتە سەرپەل. لە کەرتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا پشتیوانیی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد. ساڵی ١٩٦٨ لەشارەزور کرایە سەرلق.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، بەردەوام بوو لەسەر پێشمەرگایەتی. ساڵی ١٩٧٤، کاتێك شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا دەستی پێ کردەوە، لەپێنجوێن پێشمەرگایەتیی کرد.


پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەك لە ئێران مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ عیراق، لەم قۆناغەی ژیانیدا زۆرتر بە کاروباری رێکخستنەکانی هێڵی گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەرقاڵ بوو. لەم روەوە توانی رایەڵێکی فراوانی رێکخستن لە ناو سلێمانی دروست بکا. پەرەسەندنی هەڵسوڕانی رێکخستنەکان وای کرد بکەوێتە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکان. ساڵی ١٩٨٢ دەستگیر کرا بەڵام بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا. لە ئابی هەمان ساڵ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

ژیانی پێشمەرگایەتیی زۆر کورت بوو، دەوروبەری سێ مانگ بوو. لە١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢دا خۆیو پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی عەبدولڕەحمان حەمەی فەرەج لەچالاکییەکی پێشمەرگانەدا لەبەردەم مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی لە ناو شاری سلێمانی

لەگەڵ هێزێکی کۆماندۆدا بەشەڕ هاتن، چواریان لێ کوشتن و حەوتیان لێ بریندار کردن. لەم چالاکییەدا بەکر شەهید کراو پێشمەرگەکەی تر بە برینداری دەربازی بوو.

ئـەم چالاکییـە کـە بـەڕۆژو لـە نـاو جەرگـەی شاردا ئەنجام درا، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. دەزگـا ئەمنییەکان تەرمی شەهیدەکەیان نەدایەوە بە کەسوکاریو داوایان لە شارەوانیی سلێمانی کرد بینێژێ، بەڵام هەڤاڵو براکانی بە هەوڵو تەقەللای خۆیان گۆڕەکەیان دۆزییەوە.

## بەلاغی عەسکەری


الاتحاد الوطني الكردستاني

المكتب العسكري

العدد (١) تشرين الاول ١٩٧٩

بلاغ

عن العمليات الفدائية

التي نفذتها فصائل

الانصار الكردستانية

الاعلام

بڵاوکراوەیـەکـە ناوبەناو لە نـاو وڵات دەرچـووە. تایبەت بـووە بە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە. مێژووی دەرچوونی بۆ ماوەی نێوان ١٩٧٦و کۆتایی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە. زۆربەی بەلاغەکان ١-٢ لاپەڕە بوون و سەرەتا بەدەست دەنوسرانەوەو لەگوندەکاندا بۆ جەماوەر دەخوێندرانەوە. یەکەمین بەلاغی چاپکراو عەلی عەسکەری نوسیویەتی و حسێن کەریم قادر لە تەموزی ١٩٧٧دا لە کانی کنێر لە توژەڵە تایپی کـردووە. ئەم بەلاغە دوو لاپەڕە بووە، نزیکەی ٦٠٠ دانەی بە ڕۆنیۆ لێ راکێشراوە. بەلاغی ژمارە دووش هەر لەوێ دەرچوو.

بەلاغەکان لە ناو وڵات بە ناوی مەکتەبی عەسکەرییەوە بڵاو دەکرانەوەو دەقەکان بۆ سوریا دەنێردران، لەوێ وەك بەشێك لە چالاکییەکانی یەکە چەکدارەکانی شۆڕشی عیراق لە لایەن کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقەوە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندام بوو تێیدا، بڵاو دەکرایەوە و بەسەر دامودەزگاکانی راگەیاندن لە سوریاو لوبنان پەخش دەکران.

## بەمۆ (هەرێم ٩)

هەرێمی ٩ی بەمۆ. ساڵی ١٩٨٠ دامـەزراوەو بە ناوی چیای بەمۆوە ناو نـراوە. پـڕۆژەی پێکهێنانی ئەم هەرێمە بۆ ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە، کاتێك بیر لەوە کرایەوە کەسنوری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە تا نـاوچەی خانەقین درێـژ بکرێتەوە. بـەڵام لەبەر هەلومەرجی سەختی پێشمەرگایەتی لـەو کاتەدا، پڕۆژەکە پشت گوێ خرا.

سـاڵی ١٩٨٠ پـڕۆژەکـە زینـدو کـرایـەوە چونکە رژێمی بەعس دەستی بەجێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی سیستماتیك بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەی خانەقین کردبوو. لەم سۆنگەیەوە بڕیار درا هەرێمێك بەم ناوە بۆ ناوچەی خانەقین پێك بهێنرێ کەیەکێ لەئەرکە سەرەکییەکانی بەرپەرچدانەوەی پرۆسەی بەعەرەب کردنی ناوچەکە بێ. سنوری هەرێمەکە بەمجۆرە دەستنیشان کرا: لە باکوردا چیای زمناکۆ، لە باشوردا

شاری خانەقین، لەڕۆژئاوادا زێی سیروانو لەرۆژهەڵاتدا سنوری نێودەوڵەتیی عیراق- ئێران.


شەوکەت حاجی موشیر کە بە فەرماندەی هەرێمەکە دانرا، دەستی بە پیادەکردنی نەخشەیەکی تۆکمە کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆسەی بەعەرەب کردن. بەڵام نەخشەکە لەبەر چەند هۆیەك بەئاکام نەگەیشت چونکە رژێمی بەعس هەمو خێڵە نیشتەجێکراوەکانی چەکدار کردبوو و هێزێکی گەورەی سوپای عیراقی لە ناوچەکە جێگیر کردبوو، زۆربەی کوردەکانی ناوچەکەش راگوێزرا بون و دەرفەتێکی زۆر کەم بۆ هێنانە دیی هەماهەنگی لە نێوان هێزی پێشمەرگەو گوندە کوردنشینەکاندا لە ئارادا بوو. سەرباری ئەوەی کە لەو ماوەیەدا پێکدادان لەسەر سنوری نێودەوڵەتیی ناوچەکە لە نێوان عیراق و ئێران دەستی پیَ کرد و بەرە بەرە کەش و هەوای جەنگ باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا. پاش ئەوەی لەئابی ١٩٨٠دا جەنگی عیراق- ئێران هەڵگیرسا، ناوچەکە بووە مەیدانی جەنگو کەڵکی ئەوەی تێدا نەما کە چالاکیی پێشمەرگانەی تێدا ئەنجام بدریَ.

لە کۆتایی هەمان ساڵ هەرێمەکە هەڵوەشێنرایەوەو شەوکەت حاجی موشیر بۆ سنوری هەرێمی یەکی هەورامان گوێزرایەوە.

## بەندەر عەلی ئەکبەر شاکە



کادیری دێرینی ڕێکخستن و مامۆستای زانکۆ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی شاری مەندەلی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری مەندەلی تەواو کردووە




لە ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی زمانی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو بۆتە لێپرسراوی ڕێکخستنی چەند کۆلیجێك و دواتریش بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی زانکۆی بەغدای پارتی. ساڵی ١٩٦٨ لەسەر داوای ئەو و چەند ئەندامێکی ترو بەسەرپەرشتیی عادل موراد کە سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو، ڕێکخراوی ڕێکخستن لە شاری مەندەلی دروست کرا. ساڵی ١٩٦٩ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، تەنگ بە ڕێکخستنەکانی پارتی هەڵچنراو شاڵاوێکی گرتن و راوەدونان دەستی پیَ کرد کە ناچاری کرد خۆی بشارێتەوە. پاش راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠و دەستپێکردنی قۆناغی ئاشتی، بە لێپرسراوی ناوچەی مەندەلیی پارتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە بە

ماموستا لە ئامادەیی خانەقین و پاشان لە دواناوەندیی رزگاریی خانەقین دامەزرا. ساڵی ١٩٧٤ بە سکرتێری لقی خانەقینی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا ئەرکی مامۆستایەتیی جێبەجێ کرد. لەو قۆناغەی ژیانیدا وردە وردە ئاشنایەتیی لەگەڵ بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەدا پەیدا کرد، وازی لەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هێناو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەك لە ئێران مایەوەو دواتر بەخێزان و خزم و کەسوکارەوە گەڕایەوە بۆ عیراق. هەر ئەو رۆژەی کەگەڕایەوە بۆ عیراق، بۆ کامپی بوهرز لەخواروی شاری باقوبەی ناوەندی پارێزگای دیالە دور خرایەوەو پاش مانگێک بۆ شاری رومادیی ناوەندیی پارێزگای ئەنبار دور خرایەوە. لەوێ بە مامۆستا لەئامادەیی فەلەستین دامەزرا. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەراندا تازە کردەوەو کەوتەوە هەڵسوڕانی سیاسی.

پاش دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی بەغدای گرتە ئەستۆو وەك ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو ڕێکخراوی «خوێنی شەهیدان» دیاری کرا. ساڵی ١٩٧٧ پاش پێکهێنانی ڕێکخراوی «هەڵۆی سور» کە لە٣ ئەندامی سەر بەڕێکخراوی «خوێنی شەهیدان» و٣ ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەران پێکهاتبوو و وا دانرابوو کە ئەرکی ڕێکخراوەکە ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانە بێ لە ناو شاری بەغدا دژی کاربەدەستانی رژێمی عیراق، بەردەوام بوو لەسەر ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو ئەم ڕێکخراوە بەڵام بۆچونی لەم بارەیەوە وابوو کە هێشتا کاتی ئەنجامدانی ئەم چەشنە چالاکییانە لە ناو بەغدا نەهاتووەو دەشێ زیانەکانی ئەم چالاکییانە لە قازانج زۆرتر بێ. لەم سەروبەندەدا، بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان لە کاتی تەنگانەدا، بڕیار درا ئەندامانی ڕێکخستنەکان کاریان بەسەر ڕێکخراوەکەوە نەبێو بە هیچ جۆرێك بەشداری لە چالاکییەکانیدا نەکەن.

هەر ئەو ساڵە خۆیو چەند ئەندامێکی ڕێکخراوی «هەڵۆی سور» لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی عیراقەوە دەستگیر کران. لە لێکۆڵینەوەکاندا هیچ زانیارییەکی وای لەسەر نەبوو کەوەك هەڵسوڕاو کاری لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوی هەڵۆی سوردا کردووەو هیچ ئەندامێکی ڕێکخراوەکەش زمانی لێ نەدا، بۆیە لەدادگا بەو تۆمەتە دادگایی کرا کە دەمانچەی بە ئەندامانی ڕێکخراوەکە فرۆشتووەو لەم سۆنگەیەوە دادگا بەیەك ساڵ زیندانی کردن یان دانی دوو سەد دینار سزای بەسەردا سەپاند. ئەویش بۆ رزگاربون لە زیندان، پارەکەی داو ئازاد کرا بەڵام ساڵی دواتر ئەو و چەند ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵە راپێچ کرانەوە بۆ گرتوخانە بەتۆمەتی کارکردن لەڕێکخستنێکی نهێنیدا. پاش مانگێك ئەشکەنجەدان هیچیان بەدەستەوە نەداو دەزگا ئەمنییەکان ناچار بون ئازادیان بکەن.

ئەگەرچی توانی لە هەردوو کێشە دەرباز بێ بەڵام ئەمە بەو سەرەنجامە گەیشت کە بڕیاری گواستنەوەی لە ئەنبارەوە بۆ سلێمانی کە پێشتر درابوو، هەڵبوەشێتەوە. بۆیە لەبری گواستنەوەی بۆ سلێمانی، بۆ بەغدا گوێزرایەوەو تا ساڵی ١٩٨٣ لە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکاندا مایەوە.

ساڵی ١٩٨٣ بۆ هەولێر گوازرایەوەو لەوێ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردەوە. پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بە پلەی بەڕێوەبەری کتێبخانەکان گوێزرایەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەو هەر ئەو ساڵە کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە

بەغداو مەندەلی. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٦ ـ ١٩٩٨ ڕاوێژکار بوو لە وەزارەتی پەروەردەی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم لە هەمان کاتدا ئەندامی دەستەی نوسەران و سەرپەرشتیاری رۆژنامەی «ئیتتیحاد» بوو.

ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی ماجستێری لەزمانو ویژەی عەرەبی لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێناو هەر ئەو ساڵە، پاش روخانی رژێمی بەعس، کرایە جێگری لێپرساوی مەڵبەندی ڕێکخستنی بەغدا. ساڵی ٢٠٠٥ بە پلەی جێگری لێپرساو بۆ ئۆفیسی پەیوەندییەکانی بەغدا گوێزرایەوە.

ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی دکتۆرای لە زمان و ویژەی عەرەبی لە زانکۆی ئەنبار وەرگرت و لە ساڵی دواتر راژەی خۆی لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بۆ سەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا گواستەوەو بووە مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی.

هەمان ساڵ بە پلەی ئەندامی مەکتەب گوێزرایەوە بۆ ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران. ساڵی ٢٠١٢ لە خانەقین کرایە راگری فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان و وەرزش لە زانکۆی گەرمیان.

بابەتی پەیوەندیدار:

* خوێنی شەهیدان (ڕێکخراو).
* هەڵۆی سوور (ڕێکخراو).

## بەهادین ئەحمەد حەسەن



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو فەرماندە. ناسراو بە وەهابی شارباژێر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی داری زیاینی ناوچەی قەرەداغ. ساڵی ١٩٧٠ قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووەو پاش تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی چۆتە ئامادەیی پیشەسازیو لە ساڵی ١٩٧٦ دا بەشی کارەبای لەو ئامادەییە تەواو کردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٥ دەست پێ دەکا، کاتێك لە ڕێی شوان عەلی سەعیدی ناسراو بە شامیل پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات.

ساڵی ١٩٧٦ لێپرساوەتیی هێڵێکی ڕێکخستنی پێ سپێردراوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ دا پەیوەندیی بلە مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارەوە کردو وەك کادیرێکی جەماوەری لە ناوچەی مەرگە دەستی بە کاری ڕێکخراوەیی کرد. ساڵی پاشتر، سەرباری کارکردنی وەك کادیرێکی جەماوەری، کرایە رابەری سیاسیی کەرتی ٢ی هەرێمی ٣ی شارباژێر. لە ساڵی ١٩٧٨دا وازی لە بواری کاروباری ڕێکخراوەیی هێناو لێپرساوەتیی کەرتی ٢ی هەرێمەکەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بەسیستمی تیپەکان، کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٣٣ی سلێمانی. لەئابی هەمان ساڵدا، یەك مانگ پاش شەهید بونی فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون سەلاح رەفیق حەمە رەحیم، لێپرساوەتیی تیپەکەی پێ سپێردرا. بەڵام هەر ئەو ساڵە بە پلەی فەرماندەی تیپ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٥٧ی سەگرمە. لە ساڵی ١٩٨٣دا لێپرساوەتیی تیپی ٣٣ی سلێمانیی گرتە ئەستۆ.

لە ساڵی ١٩٨٤دا لە سەروبەندی ئاگربڕو وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراقدا، ئەرکی چاودێری کردنی

دیسپلینی پێشمەرگەی لە کاتی دابەزین بۆ شارەکان پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٨٥دا دوا بەدوای هەرەس هێنانی وتوویژ، کرایە ئەندامی مەکتەبی عەسکەریو لە ساڵی پاشتردا کرایە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی دوو کەبارەگاکەی لەگوندی سەرگەڵووی دۆڵی جافایەتی بوو.

لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ پەرە ئەستاندنی جەنگی کیمیاییو بەڕێوەچونی شاڵاوی ئەنفالەکاندا، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە سەر سنورو تا ساڵی ١٩٨٩ لە شاری سەقز مایەوە. لە ساڵی ١٩٨٩دا چوو بۆ سوریاو ساڵی دواتر چوو بۆ بریتانیاو لەوێ نیشتەجێ بوو. لە ساڵی ١٩٩٣دا بریتانیای بەجێ هێشت و لەسوید گیرسایەوە.

ژیانی پێشمەرگایەتیو لێپرسراوەتیی وەك فەرماندەی سێ تیپو ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، دەرفەتی بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا بۆ رەخساندووە. لە ساڵی ١٩٨٥دا بەشدار بوو لەدوو چالاکیی گەورەی هێزی پێشمەرگەدا کە یەکێکیان شەڕی دابان- هەلاجەو ئەوی دیکە شەڕی دۆڵە ڕەقەی ناوچەی بیتوێنە. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٦دا رۆڵێکی گەورەی لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەتدا گێڕا کەنزیکەی سێ مانگو نیویان خایاندووە. هەروەها لە ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاریدا کەدەوروبەری پێنج هەزار پێشمەرگە بەشداریی تێدا کردووەو ١١٢ رەبیەو بارەگای سریەو ٧ بارەگای فەوجی سوپای عیراقی تێدا گیراوە، رۆڵێکی سەرەکیی لە قۆڵی چیای گۆیژەدا گێڕاوە.

ساڵی ١٩٩٧ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە ساڵی ٢٠١٠دا بە پلەی راوێژکاری عەسکەری خانەنشین کراوە. ئەندامی هەردوو کۆنگرەی دووەم و سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

## بەهدینان (رۆژنامە)


BEHDINAN

بەهدینان

بریارە مام جەلال دگەل لیستێن سەرکەفتی کوم ببیت

لیستا هەڤپەیمانی: کورسیا قەرەبووکرنێ بۆ دکتۆر فوئاد مەعسۆمە

کورت و کرمانج

رۆژنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیریی گشتییە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو هەفتە جارێك بە شێوەزاری کرمانجیی سەروو لە دهۆك دەری کردووە.

لەیەکەم سەروتاری رۆژنامەکەدا کە بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن ئازاد جندیانی بە ناونیشانی «سلاڤ ل بەهدینان» نوسیویەتی، بەڵێن دراوە کە رۆژنامەکە رۆژنامەیەکی کراوە دەبێو رێ بە هەموو کەسێك دەدرێ بیروڕای خۆی بە شێوەیەکی «ئازادو سەربەست»و «بێ ترس و بێ سانسۆر» تێدا بڵاو بکاتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، رۆژنامەکە تا ئەندازەیەکی زۆر بەڵێنەکەی بردۆتە سەرو توانیویەتی بەدرێژایی ماوەی دەرچونی، برێکی گونجاوی کراوەییو ئازادیی رادەربرین لە بابەتەکاندا دەستەبەر بکات.

رۆژنامەکە بە درێژایی ٤ ساڵو چەند مانگێك ١٠٧ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە١٢ کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ دەرچووەو ژمارە ١٠٧ کەدوایین ژمارەیە لە١٢ی نیسانی ٢٠١٠ دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە سدیق عەلی ئامێدییە. رۆژنامەکە دوو سەرنوسەری بە خۆیەوە

دیوە. یەکەمیان خالید دۆسکییە کە لە یەکەم ژمارەوە تا ژمارە ١٠ کە لەیەکی ئایاری ٢٠٠٦ دەرچووە، ئەرکی سەرنوسەری لەئەستۆدا بووە. دووەم سەرنوسەر جەلال مستەفایە کە لە ژمارە ١١وە کە لە ١٥ی ئایاری ٢٠٠٦ دەرچووە، تا دوایین ژمارە سەرنوسەر بووە. ئەندامانی یەکەم دەستەی نوسەران کە لە ژمارە یەکدا ناویان لەسەر رۆژنامەکە هەیە ئەمانەن: سەبیح محەمەد، شوکری شەهباز، سالح سۆفی، سیپان باکوزی، قادر حەسەن، زنیر یوسف و لوتفی دۆسکی. لە ژمارەکانی دواتردا پێکهاتەی دەستەی نوسەران گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە ژمارە ٤دا لوتفی دۆسکی ناوی لەدەستەی نوسەران نەماوە. لە ژمارە ٨ دا شوکری شەهبازو سیپان باکوزیو زنیر یوسف ناویان نەماوە. لە ژمارە ١١دا سەبیح محەمەد بۆتە سکرتێری نوسین. لە ژمارە ١٩دا سەعید ئوسمان بۆ دەستەی نوسەران زیاد کراوە. لە ژمارە ٢٥دا قادر حەسەن ناوی نەماوە. لە ژمارە ٨٥ بەدواوە کە لە ١١ی ئایاری ٢٠٠٩ دەرچووە، لاپەڕەکانی رۆژنامەکە سەرپەرشتیاریان بۆ دانراوە و بەم پێیە قەدری شێرۆ بۆتە سەرپەرشتیاری کاروباری ناوخۆو جڤاکیو غالب جەمیل بۆتە سەرپەرشتیاری لاپەڕە گشتییەکان.

رۆژنامەکە بەقەبارەی ٤٥ بە ٣٢ سم دەرچووە. لە یەکەم ژمارەوە تا ژمارە ٥١ بە ٨ لاپەڕە دەرچووە بەڵام لە ژمارە ٥٢ بەدواوە کە لە ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧دا دەرچووەو دوایین ژمارەی ئەو ساڵەیە، بە ١٢ لاپەڕە دەرچووە. دیزاینەکەی لە ئاستێکی پێشکەوتوو دایەو رەنگ لەیەکەم و دوایین لاپەڕە بەکار هێنراوە، هەروەها وێنە تێیدا بەفراوانی سودی لێ وەرگیراوە. کاروباری دیزاین و کاروباری تەکنیکی لە ئەستۆی رەقیب مەحمود و ستار عەلیو شێروان محەمەد تاهیردا بووە.

رۆژنامەکە لاپەڕە یەکی بۆ هەواڵ تەرخان کردوەو بابەتە سیاسییەکانی لە ناواخندا بڵاوکردۆتەوە. بایەخێکی تایبەتی بە کاروباری کۆمەڵایەتی داوەو لەزۆربەی ژمارەکاندا کاروباری ویژەو هونەری بەسەر کردۆتەوەو چاوپێکەوتنی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە. چەند گۆشەیەکیشی هەبووە کەبابەتی جۆراوجۆریان تێدا وروژێنراوە وەك گۆشەکانی «هێلین» ی ئەیوب رەشیدی سندی، «ب هزرا من» ی ئەحمەدی زەرۆ، «پیڤاز سۆرکرن»ی خالید ساڵح، «ئەز و ئەو»ی دکتۆر عارف حیتو.

## بەهرۆز قەشقە*



پێشمەرگەو کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی بەهرۆز حەمەد ساڵح نادر. لە ناو رێکخستنەکانی ناو شارو هەروەها لە پێشمەرگایەتیدا بە ناوی شوان ناسراوە. لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی قەشقەی ناوچەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی قۆناغی ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٦ لە رێی عەبدولڕەزاق محەمەد عومەری لێپرسراوی کۆمیتەی هەرێمی هەولێرەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لە ژیانی رێکخراوەییدا کادیرێکی کارامەو بەتوانا بووە، بە ڕادەیەك کە پاش پێکهێنانی رێکخراوی هەولێر کرایە ئەندامی رێکخراوەکەو لێپرسراوەتیی کەرتێکی رێکخستنیشی پێ سپێردرا کە یەکێ لە کەرتە چالاکەکانی رێکخستن بوو لە هەولێر. ساڵی ١٩٨٢ وەك یەکێ لە نوێنەرانی رێکخستنەکانی

هەولێر، بەشداریی لە دووەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد لە ناوزەنگ.

لەو ماوەیەی کە تێیدا کاری ڕێکخراوەیی لە هەولێر کردووە، ڕۆڵێکی دیاری لە چالاکیی پێشمەرگانەی ناو شاردا هەبوە. بۆ ئەو پێشمەرگانەش کە بەکاری تایبەت یان چارەسەر یان بۆ ئەنجامدانی چالاکی دەچون بۆ هەولێر، شوێنی حەوانەوەو حەشارگەی تایبەتی ئامادە کردبوو کە لە کاتی پێویستدا ئەندامانی ڕێکخستنیش، ئەوانەی کە فەرمانی گرتنیان بۆ دەردەرچوو، سودیان لێ وەردەگرت.

ساڵی ١٩٨٤ بەشداریی لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد لە مێرگەپان و خۆیشی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی کاندید کرد بەڵام دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا. هەر ئەو ساڵە، پاش کۆنفرەنس و لەسەر داوای سەرکردایەتیی کۆمەڵە، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و وەك کادیرێکی ڕێکخستن لە ڕێکخراوی یەکی کۆمەڵە کاری کرد، هەروەك بەشداریش بوو لە زۆربەی شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی سێ.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، زۆرتر بە کاروباری ڕێکخستنەوە سەرقاڵ بوو. لە ساڵی ١٩٩٣ دا کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر. لە ساڵی ١٩٩٨دا لێپرسراوەتیی جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە لە کۆلیجی ئێوارانی یاسای زانکۆی سلێمانی وەرگیراو لە ساڵی ٢٠٠٢دا خوێندنی تەواو کردو بڕوانامەی بە کالۆریۆسی لە بواری یاسادا بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٣ کرایە لێپرسراوی مەکتەبی مافی مرۆڤ.

لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ دا لە تەقینەوە خۆکوژییەکەی ناو بارەگای مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر شەهید بوو.


## بەهرۆز یاسین گەلاڵی



دیپلۆماتکارو ئەندامی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی کەردزی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٦٦ لە قوشتەپە دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردوە ساڵی ١٩٧٢ لە ناوەندیی قوشتەپە درێژەی بە خوێندن داوە. دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی کوردو حکومەتی عیراق و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤، بنەماڵەکەی لە دەربەندی ڕایات و چۆمان نیشتەجێ بوو، دواتر لەگەڵ هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوون.

دوای گەڕانەوەی لە ئێرانەوە، چۆوە بۆ قوشتەپەو گەڕایەوە سەر خوێندن لە ناوەندیی قوشتەپە، بەڵام زۆری پێ نەچوو ڕژێمی بەعس دایك و باوك و هەموو کەسوکاری بۆ ناوەڕاست و باشووری عیراق دوورخستەوە، ئەویش چیتر لە قوشتەپە درێژەی بە خوێندن نەدا و ڕووی کردە هەولێر. دایك و باوك و خزم و کەسوکارە دوورخراوەکانی بەسەر بابل و دیوانیەدا بڵاوە پێ کران.

ساڵی ١٩٧٦ خوێندنی ناوەندیی لە خوێندنگەی قەندیل لە هەولێر تەواو کرد. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو دەستی بەجموجۆڵی سیاسی کرد. لە هەمان کاتدا لەئامادەیی هەولێر وەرگیراو دەستی بە خوێندنی قۆناغی ئامادەیی کرد. ساڵی ١٩٧٨ ڕژێمی بەعس باوك و دایك و خزم و کەسوکاری




گەڕاندەوە بۆ هەولێر. ساڵی ١٩٨٠ قۆناغی ئامادەیی تەواو کردو هەر ئەو ساڵە بۆ تەواوکردنی خوێندن لەدەرەوەی وڵات، چووە نەمسا.

بۆ ساڵی پاشتر لە بەشی بیناسازیی کۆلێجی بیناسازیی زانکۆی ڤیەننا وەرگیراو لە ساڵی ١٩٨٢، وەك ئەندامێکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بووە نوێنەری حزب لەنەمسا.

لە ئابی ساڵی ١٩٨٨ لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا (ئەکسا) کە لەبەرلینی ڕۆژئاوا بەسترا، بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمەڵە هەڵبژێردراو پاشانیش بووە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٩١ دبلۆمی یەکەمی لەئەندازیاری بیناسازی بەدەست هێناو هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ کوردستان. لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە لە ڕۆژانی ٤-٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ لە ڕانیە بەسترا، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

لە شوباتی ساڵی ١٩٩٣دا دوای ئەوەی کە حزبی سۆسیالیست خۆی هەڵوەشاندەوە و چوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کرایە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی کاری کرد.

لە ١٠ی ئایاری ١٩٩٣ بووە وەکیلی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ١٩٩٥ پاش نەهێشتنی پلەی ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی، بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی و بۆ ساڵی دواتر گواسترایەوە بۆ مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر و لەوێ وەك لێپرسراوی بەشی ڕێکخستن کاری دەکرد، لە مانگی تەممووزدا بووە لێپرساوی مەڵبەندی ٧ی ڕێکخستنی کۆیە. ساڵی ١٩٩٧ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە لە چنارۆك.

ساڵی ١٩٩٨ بووە لێپرساوی ئۆفیسی یەکێتی لەتاران و لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی یەکێتی و ئێراندا بینی. لەئازاری ٢٠٠١ وەك لێپرساوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەئەنکەرە، بۆ تورکیا گواسترایەوە. لەو ماوەیەدا، بۆ فێربوونی زمانی تورکی، لە زانکۆی ئەنکەرە بۆ ماوەی ساڵێك زمانی تورکی خوێندو بۆ ساڵی دواتر بڕوانامەی دبلۆمی لەزمانی تورکی وەرگرت. ساڵی ٢٠١٥ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری زانستە سیاسییەکاندا لە زانکۆی چانکایا لە ئەنکەرە بەدەستهێنا. بابەتی تێزەکەی بریتی بوو لە «تاوتوێکردنی سیستەمی سیاسیی عیراق لە چوارچێوەی چەمکی دەوڵەتی فیدراڵ و کۆنفیدراڵدا».

نوسین و وتاری سیاسیی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاو کردۆتەوە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ژیاننامەی سیاسی» (١٩٩٣)، «ڕەسوڵ مامەند پەنجا ساڵ تەمەن ٣٣ ساڵ خەبات» (١٩٩٨).

بابەتی پەیوەندیدار:

* پەیمانی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

## بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

یەکەم دیکۆمێنتی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە تێیدا دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاگەیەنراوەو تێڕوانینە سیاسی و ئاراستە فیکرییەکانی لە قۆناغی پاش هەرەس هێنانی شۆڕش ڕون کراوەتەوە. بەیاننامەکە بە زمانی عەرەبی لە لایەن تاڵەبانییەوە نوسراوە. پاش نوسینی بەیاننامەکە، بڕیار وابوو دەستەی دامەزرێنەر لەکۆبونەوەیەکی تایبەتدا تاوتوێی بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها چوار ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر لەسوریا بون و دەرفەتێکی وا لەئارادا نەبوو کە سێ ئەندامەکەی تر لە ئەوروپاوە زوو بگەنە سوریا، بڕیار درا کۆبونەوەکە لەدیمەشق بەئامادەبونی تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل مورادو عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا ئەنجام بدرێ.

لە ٢٢ی ئایاردا کۆبونەوەکە لە کافتریای تولەیتەلە لەدیمەشق بەستراو تێیدا بەیاننامەکە تاوتوێ کراو پێداچونەوەی پێدا کرا. هەر لەو کۆبونەوەیە دکتۆر فوئاد مەعسوم پاکنوسی بەیاننامەکەی کردو کۆپییەکی هەمووارکراوی لێ ئامادە کرد. پاش پەسندکردنی، هەر چوار ئەندامەکەی دەستەی


بيان الاتحاد الوطني الكردستاني

جاءت اتفاقية ٦ آذار ١٩٧٥ الخيانية بين الحكومتين العراقية والايرانية دليلاً جديداً على عجز البورجوازية البيروقراطية العراقية – الشوفينية بطبيعتها – عن حل القضية الكردية حلاً ديموقراطياً عادلاً، مثلما أكدت الاحداث التي [illegible] عجز القيادة العشائرية والبورجوازية اليمينية المساومة وفشلها في قيادة الحركة القومية التحررية للشعب الكردي، واثبتت مجدداً ان الدوائر الاستعمارية وعلى رأسها الامبريالية الامريكية والرجعية الغاصبة لارض كردستان وفي مقدمتها الحكومة الايرانية ليست الا أعداء الداء للشعب الكردي ولسائر شعوب المنطقة، لا تريد لها الا الاستعباد والحرمان من جميع الحقوق القومية والديموقراطية، ولا تضمر لها سوى الغدر والشر، وهما تفننت في الخداع والتضليل، وبرعت في حبك الدسائس وتدبير اللعب الدبلوماسية وجهها تسترت بالبراقع المزركشة.

لقد سطعت من جديد في سماء كردستان – كنجمة هادية – الحقيقة التاريخية التي طالما بشر بها التيار التقدمي الكردستاني، حقيقة ان تحرير الشعب الكردي من الظلم الاستعماري والاضطهاد القومي والاستغلال الطبقي لا يتم مطلقاً دون الاستناد الى النضال الجماهيري الثوري المتلاحم مع نضال الجماهير الشعبية العربية في جبهة وطنية متحدة، ضد الاستعمار والصهيونية والدكتاتورية.

كما برزت من خلال الوقائع والاحداث انه لابد من أن تتكاتف القوى الثورية الكردستانية مع سائر القوى التقدمية والقومية اليسارية في العراق لانجاز مهام الثورة الوطنية الديموقراطية التي يواجهها شعبنا العراقي بقوميتيه العربية والكردية واقلياته، هذه المهام التي نتصورها:-

اولاً: تحرير العراق الناجز من ربقة قيود الاستعمار الجديد الاقتصادية والسياسية.

ثانياً: انهاء الحكم الدكتاتوري الدموي

ثالثاً: ايجاد السلطة الوطنية الديموقراطية الائتلافية، القادرة على توفير الديموقراطية للشعب العراقي باسره و

رابعاً: اقرار حق الشعب الكردي في الحكم الذاتي الحقيقي ضمن جمهورية عراقية ديموقراطية مستقلة.

دامەزرێنەر واژۆیان کرد. پاش دوو ڕۆژ بەیاننامەکە لەڕۆژنامەی «شەرق» لەبەیروت بڵاوکرایەوەو دواتریش، بەهەوڵو تەقەللای تاڵەبانی ، لە ڕادیۆی دیمەشق خوێندرایەوە. بەیاننامەکە لە کوردستان و لە ناو کوردە عیراقییە ئاوارەکانی ئێران زۆر بە چاکی دەنگی دایەوە.

هەر ئەو مانگە تاڵەبانی چوو بۆ ئەڵمانیا و لە بەرلینی ڕۆژئاوا سیمینارێکی ڕاوێژکارانەی سازکرد، تێیدا بابەتی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی خستە ڕوو و بەیاننامەکەی خوێندەوە. بەپێی ئەو سەرنج و تێبینییانەی کە لەو سیمینارە نمایش کران، سوکە پێداچونەوەیەك بە بەیاننامەکەدا کراو پەرەگرافێکیشی دەربارەی پشتیوانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەتێکۆشانی کورد لە کوردستانی باکورو کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ زیاد کرا. پاشان بەیاننامەکە بەپەرەگرافە زیادەکەوە ڕادەستی دکتۆر

کەمال فوئاد کرا بۆ بڵاوکردنەوەی. بەیاننامەکە بۆ جاری دووەم لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥دا بڵاوکرایەوەو بەهۆی ئەمەوە ئەم ڕێکەوتە بە شێوەیەکی فەرمی بوو بەڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

دواتر بەیاننامەکە وەرگێردرایە سەر چەندین زمان و لەم سەروبەندەدا دکتۆر کەمال فوئاد کردی بەئەڵمانی، دکتۆر عومەر شێخموس بە ئینگلیزی و حەسەن قازی بە فارسی. هەروەها لە تورکیا کەمال بورقای، سیاسەتمەداری ناسراوی کوردی تورکیا، دەقی بەیاننامەکەی بە زمانی تورکی لەگۆڤاری ozgurluk yollu (ئوزگورلوك يۆلو)بڵاوکردەوە.

بەیاننامەکە گوزارشت لە بیروباوەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی پاش هەرەس هێنانی شۆڕش دەکات و ڕەنگێکی چەپڕەوانە بەسەریدا زاڵە. بەیاننامەکە هێرشی توندی بۆ سەر ئیمپریالیزمی ئەمریکاو رژێمی شای ئێران و رژێمی بەعس تێدایەو «سەرکردایەتیی خێڵەکی و بورژوازیی ڕاستڕەوی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد»ی بەسەرکردایەتییەکی بەزیو داناوەو پشت بەستنی ئەو سەرکردایەتییەی بەرژێمی شای ئێران و وازهێنانی لەپشت بەستن بەگەل، سەرزەنشت کردووە.

بەیاننامەکە جەختی کردۆتە سەر روخاندنی رژێمی بەعس و هێنانە کایەی دەسەڵاتێکی نیشتمانیی دیموکرات و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەعیراق لەسەر بنەمای «ئۆتۆنۆمیی راستەقینە». بەپێی بەیاننامەکە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ئێرانی سەردەمی شاو تورکیای تۆرانیست و عیراقی شۆڤێنیستی سەردەمی حوکمڕانیی بەعس و کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکانی کورد بە «دوژمنی سەرەکیی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد» دانراون و «هێزە شۆڕشگێڕەکانی عەرەب و بزاڤەکانی رزگاریی نیشتمانیی جیهانی سێیەم و هێزە سۆسیالیست و کرێکاری و شۆڕشگێڕەکانی جیهان» بەهاوپەیمانی سەرەکی. لەم سەروبەندەشدا بەیاننامەکە پشتگیریی خەباتی فەلەستینییەکان و شۆڕشەکانی زەفارو ئەریتریاو تێکۆشانی کورد لەتورکیاو ئێران دەکا. بیری کوردستانی بەڕونی بەسەر ناوەڕۆکی بەیاننامەکەدا زاڵەو لەم روەوە بەیاننامەکە جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە «بزوتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بزوتنەوەیەکی مێژووکردی بابەتییە».

لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥دا بەیاننامەکە جارێکی تر لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «شەرارە» بڵاوکرایەوەو دواتریش هەندێ پەرەگراف لەبەیاننامەکە دەرهێنران و بە شێوەی کاپشن لەلاپەڕەی یەکەمی ژمارەکانی «شەرارە» دانران.

## پاشکۆی ژمارە ١
## دەقی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕێککەوتننامە خیانەتکارییەکەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ی نێوان هەردوو حکومەتی عیراق و ئێران بەڵگەیەکی دیکەی شکستی بورژوازیی بیروکراتی بە سروشت شۆڤێنیستی عیراقە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتییانەو دادپەروەرانە. رووداوەکانی پاشتریش بێ توانایی و شکستی سەرکردایەتیی خێڵەکی و بورژوازیی ڕاستڕەوی ساتوسەوداکاریان لە ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کورد ساغ کردەوەو ئەوەیان سەلماندەوە کەناوەندە ئیمپریالیستییەکان، لەسەروی هەمویانەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو کۆنەپەرستانی داگیرکەری خاکی کوردستان و لە سەروی هەمویانەوە حکومەتی ئێران، دوژمنی

سەرسەختی گەلی کوردو هەموو گەلانی ناوچەکەن، جگە لە چەوسانەوەو زەوت کردنی هەموو مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان، هیچی تریان بۆ ئەو گەلانە پێ نیەو چەند لەفرتوفێڵ و چەواشەکاریدا هونەر بنوێنن و چەند لە چنینی پیلان و تەگبیری وازییە دپلوتکارییەکاندا شارەزاو دانا بن و چەند خۆیان لە پشت پەردەی درەخشاو بشارنەوە، هەر رق و کینەیەکی پەنگخواردویان بەرامبەر بەو گەلانە هەیە.

ئەو راستییە مێژوییەی کە ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکەی کوردستان دەمێکە بانگەوازی بۆ کردووە، وا سەرلەنوێ لە ئاسمانی کوردستاندا، وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار، دەدرەوشێتەوە، راستیی ئەوەی کەرزگارکردنی گەلی کورد لە ستەمی ئیمپریالیزم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی بەهیچ شێوەیەك بەبێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر، یەکدەست لەگەڵ خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب، لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوودا لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دکتاتۆری، نایەتە دی. هەروەها فاکت و رووداوەکان دەریانخستووە کەدەبێ هێزە شۆڕشگێڕە کوردستانییەکان و هێزە پێشکەوتنخوازو نەتەوەخوازە چەپەکانی عیراق، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی گەلی عیراق بەهەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب و کەمینەکانەوە، هاوکارو هاوئامانج بن.

ئەو ئەرکانەش ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم-رزگارکردنی عیراق بە یەکجارەکی لەکۆت و بەندە ئابوری و سیاسییەکانی کۆلۆنیالیزمی نوێ.

دووەم- کۆتایی هێنان بەحوکمڕانیی دکتاتۆری خوێنڕێژ.

سێیەم- هێنانە دیی ئەو دەسەڵاتە نیشتمانییە دیموکراتەی کەدەتوانێ دیموکراسی بۆ سەراپای گەلی عیراق دابین بکات.

چوارەم- سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری سەربەخۆی عیراقدا.

پێنجەم-هێنانە دیی چاکسازییەکی کشتوکاڵیی ریشەیی بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی جوتیارو پیشەسازکردنی وڵات و وەبەرهێنانی سامانی نەوت و کانزاکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگای عیراق و پاشانیش فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی هەنگاونان بەرەو بنیاتنانی سۆسیالیزم.

وەدی هێنانی ئەم پێنج ئەرکە لێی رادەبینرێ بتوانێ عیراق بگێڕێتەوە سەر رێگای تێکۆشانی رەوای عەرەب لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و جۆشدانی هێزو توانای زۆرو زەبەندی عیراق و بەکارهێنانی لەنەبەردە چارەنوسسازەکەی نەتەوەی عەرەب لە دژی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم.

دەستهەڵگرتنی رژێمی دکتاتۆری فەرمانڕەوای بەغدا لەمافە رەواکانی عیراق لەشەتولعەرەب و دانانی بەداگیرکردنی عەرەبستان و دورگە عەرەبییەکانی کەنداو لە لایەن رژێمی کۆنەپەرستی شای ئێرانی هاوپەیمانی ئیمپریالیزمەوەو دەستدرێژی کردنی بۆ سەر گەلی عەرەبی کەنداوو پیلانگێڕانی بۆ لەباربردنی رژێمی پێشکەوتنخوازی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن و رازیبونی بە پاشکۆیەتیی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی گرێدراوی ئیمپریالیزم و ئامادەبونی بۆ واژۆکردنی پەیمانێکی ئیمپریالیستیی سەربازیی نوێ بەبیانوی «ئاسایشی کەنداو» کە ئەمەش لەگەڵ ویست و ئارەزوی گەلی عیراق و بەرژەوەندییە ژیانییەکانی نەتەوەی عەرەبدا یەکناگرێتەوە، ئەمە هەمووی دەری دەخا کەبورژوازیی بیروکراتی عیراق- کە لەڕوی مێژووییەوە سەربەخۆیی نیشتمانیی پێ ناپارێزرێ- لە سەرکوت کردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا شوێن پێی نوری سەعیدی هەڵگرتووەو بە

شێوەیەکی سەرتاپاگیر دەستبەرداری هەموو ئەو بەڵێن و پەیمانانەی خۆی بووە کە بەگەلی عیراق و نەتەوەی کوردی داوە کەگوایە چارەسەرێکی دیموکراتییانە بۆ مەسەلەی کورد دەدۆزێتەوە. رژێمی دکتاتۆری بەغدا بەرامبەر بە ڕازیبونی کۆنەپەرستانی ئێران و ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە دنەدانی سەرکردایەتیی خێڵەکی بۆ سەر دانەواندن بۆ پلانە ئیمپریالیستییە- شاهنشاهییە- شۆڤێنیستییەکەو کۆتایی هێنان بە شۆڕش، نرخێکی گرانی داوە، ئەو نرخەش سەروەریی عیراق و بەرژەوەندییە ژیانییەکانی نەتەوەی عەرەب بووە. تاکە ئامانجی دەسەڵاتدارانی عیراق لەم بارەیەوە مانەوەیە لە دەسەڵات بە هەر نرخێك بێ.

روداوەکانی پاش هاوپەیمانیی «رژێمە شۆڕشگێڕە هەرە پێشکەوتنخوازەکە» و رژێمە کۆنەپەرستەکەی شای ئێران پەردەیان لە ڕوی سروشتی دکتاتۆرییە راستڕەوە خۆسەپێنەکەی عیراق و ماکی سیاسەتە شۆڤێنیستییەکەی بەرامبەر بەمەسەلەی کورد هەڵماڵیوە، سیاسەتێك کەخۆی لەم چەند خاڵەدا دەنوێنێ، یەکەم، راگواستنی سەدان هەزار کرێکارو جوتیارو رۆشنبیری کورد لە ناوچەکانی مەندەلی، خانەقین، کەرکوك، شێخان، عێن زالە و شنگال، دووەم، پوچەڵ کردنەوەی واتاو ناوەڕۆکە راستەقینەکەی ئۆتۆنۆمی، سێیەم، رێگرتن لەبەشداربونی گەلی کورد لە حکومەتی ناوەندو لۆکال، چوارەم، تێکشکاندنی جوڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردو تەفروتوناکردنی هێزە چەکدارەکانی.

دانانی سەرزارەکی بەئۆتۆنۆمی لە ژێر فشاری روداوەکان و خەباتی گەلەکەمان لەئازاری ١٩٧٠، تەنها پەردەپۆش کردنی کرۆکە سوك و چروکەکەی سیاسەتی شۆڤێنیی دژ بەمەسەلەی کورد بووەو لەم سەروبەندەشدا دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمییە فریودەرەکە لە ئازاری ١٩٧٤ تەنها هەوڵێك بووە بۆ پەردەپۆش کردنی جەنگی دڕندانەی لە ناوبردن لە دژی گەلی کوردستانی عیراق کە بەهۆیەوە سەدان گوند کاول کراون و هەزاران دانیشتوانی بێ گوناه لە ناو براون.

بەردەوامبونی رژێمی دکتاتۆری عیراق لەسەر سیاسەتی هاوپەیمانی لەگەڵ رژێمی شای ئێران و مەرایی و خۆ نزیك کردنەوە لە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو هاوکاری کردنی کۆنەپەرستانی عەرەب و قڕوقپ کردن لەپیلانە ئیمپریالیستییە پاکتاوکەرەکانی دژ بەکەنداوی عەرەب و شۆڕشی فەلەستین و درێژەدان بەتیرۆرو کوشتن لە دژی بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی و نەتەوەیی عیراق و بەردەوامبون لەسەر سیاسەتی شۆڤێنی لە دژی نەتەوەی کورد، ئەمە هەموی ئاماژەیە بۆ هەنگاونان بەشێنەیی بۆ خۆفرێدانە ناو باوەشی پلانە ئیمپریالیستییە- کۆنەپەرستەکەی دژ بەنەتەوەی عەرەب و گەلی کوردو تێکڕای گەلانی ناوچەکە. هەر ئەمەشە کە کرۆکی راستەقینەی رژێمەکە ئاشکرا دەکاو شوناسە راستەقینەکەی دەردەخاو رێبازە کۆنەپەرستییەکەی نیشان دەدا. دواجاریش، خەبات لە دژی ئەم دکتاتۆرییە کە عیراق بۆ سەردەمی پەیمانی بەغدا دەگێڕێتەوەو دروشمی بریقەدار بەرز دەکاتەوەو خۆی لەپەنای دروشم و لۆگۆو ئارمی فریودەرانە دەشارێتەوە، ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی سەر شانی هەموو ئەو هێزانەیە کە نیشتمانیان خۆش دەوێ و بەتەنگ پێشکەوتن و سەربەخۆیی نیشتمانیی گەلی عیراقەوەن و باوەڕیان بەوە هەیە کە گەلی عیراق مافی ئەوەی هەیە بە دیموکراسی شاد بێ. لەسەروی ئەو هێزانەوە، رەوت و گروپە پێشکەوتنخوازە کوردستانییەکان کە گەلەکەیان دوچاری سیاسەتێکی شۆڤێنیستی سەختگیر بووە کەمایەی هەڕەشەیە لەسەر نەتەوەی کورد، بەتایبەتی

که ڕژێمی دکتاتۆر بەهاوپەیمانیی لەگەڵ رژێمی کۆنەپەرستی شاو فاشیزمی تورك لە دژی بزوتنەوەی رزگاریخوازو دیموکراتی گەلی کورد، گەلەکۆمەکێ ئیمپریالیستییە- سەعیدییە سێقۆڵییە دێرینەکەی لە دژی گەلی کورد توندترو سەختگیرتر کردووە.

ئەگەرچی سەرکردایەتیی خێڵەکی و بورژوازیی راستڕەوی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بەرپەرچی ئارەزوی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی شاهنشاهیی نەداوەتەوەو کۆتایی بەشۆڕشی کورد هێناوەو نەنگیی بەزین و سەرشۆڕیی راکردنی لە کوردستان لە سەرووەریی بەرخودان و دلێریی بەرگری پێ باشتر بووە، بەڵام گەلەکەمان سورە لەسەر درێژەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە تا وەدی هێنانی ئەو ئامانجە بنەڕەتییەی کەخۆی لەدروشمی «دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» دەبینێتەوە، بێ پەروا لەکۆسپ و تەگەرەو ئاڵۆزییەکانی بەردەم تێکۆشەرە دلێرەکانی و بێ پەروا لەدژوارییی هەلومەرج و بارودۆخەکان.

ئێمە لە کاتێکدا کە بە شانازییەوە رایدەگەیەنین کەتێکۆشەرانی گەلەکەمان سورن لەسەر درێژەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەخشە بۆ دانراو لە چوارچێوەی یەکێتییەکی نیشتمانیی کوردستانیدا، جارێکی تر جەخت دەکەینەوە سەر ئەو رێبازە شۆڕشگێڕییە جەماوەرییەی کە ئێمە لەتێکۆشانی هاوبەشماندا لەگەڵ هێزە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبی عیراق لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دکتاتۆری لەسەری دەڕۆین، هەروەك جەخت دەکەینەوە سەر ڕەتکردنەوەی یەکجارەکیی ئاراستەکانی تەنگبینیی نەتەوەیی و ڕەوتە راستڕەوەکان و رێبازەکانی پشت بەستن بەبێگانە، زۆر بەتوندیش سەرزەنشتی رێوشوێنە خێڵەکی و بورژوازییە راستڕەوو کۆنەپەرستییەکانی ئیدارەدانی خەباتی نیشتمانی دەکەین و دژی بانگەوازەکانی هاوکاری کردن و خۆ نزیك کرنەوە لە ناوەندە کۆنەپەرستە گومانلێکراوەکان دەوەستینەوە.

ئێمە بڕیارمان داوە، بە پشت بەستن بە هێزی داهێنەرانەی جەماوەری گەلەکەمان وەك هێزێکی بنچینەیی و بە هاوکاری و پشتیوانیی تێکۆشەرانەی هێزە پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکان، درێژە بەتێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی درێژ خایەن بدەین، ئەویش بەتێڕوانینێکی رۆشن و بەپەی بردن بەو راستییەی کە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستە شاهنشاهییەکان و کۆنەپەرستە تۆرانییەکان و عەرەبە شۆڤێنیستەکان و کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکانی کورد بەیەکەم دوژمنی سەرەکیی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەژمێردرێن. ئێمە خەباتێکی نەپساوەو بێباکانە، بەبێ سازش و سڵەمینەوەو دواخستن، لە دژیان بەرپا دەکەین و لە هەمان کاتدا هێزە شۆڕشگێڕەکانی عەرەب و بزاڤەکانی رزگاریی نیشتمانیی جیهانی سێیەم و هێزە سۆسیالیست و کرێکاری و شۆڕشگێڕەکانی جیهان بەهاوپەیمانی سەرەکیی خۆمان دەزانین، بۆیە خوازیارین پتەوترین پەیوەندیی هاوکاریی تێکۆشەرانە لەگەڵیان دابمەزرێنین.

ئێمە بە شێوەیەکی رەها خۆمان بە هاوخەبات و پشتیوانی تێکۆشانی سەربڵندانەی نەتەوەی عەرەب دەزانین و وا دەڕوانینە ئەم تێکۆشانە کە لەشۆڕشی هاوچەرخی جیهاندا، لەپێناوی رزگاری و یەکپارچەکردنی نەتەوەی عەرەب لەسەر بنچینەیەکی پێشکەوتنخوازانەو دیموکراتییانە، بایەخێکی مێژوویی زۆری هەیە. هەروەها پشتیوانی لەخەباتە رەواکەی نەتەوەی عەرەب بۆ رزگارکردنی فەلەستین لە کۆلۆنیالیزمی دیموگرافیی زایۆنیستی و دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراتی فەلەستین دەکەین، هەروەك جەخت دەکەینە سەر پشتیوانیی تێکۆشەرانەو تەواو لەخەباتی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیاو

کوردستانی ئێران لە دژی تۆرانیزم و کۆنەپەرستیی شاهنشاهی لەپێناوی بەدی هێنانی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی تەواو لەم دوو وڵاتەداو بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد بەو چەشنەی کەکۆمەڵانی خەڵکی کورد بڕیاری لێ دەدەن.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کار بۆ رێکخستنی هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی شۆڕشی کورد بە شێوەی یەکێتییەکی نیشتمانیی دیموکراتییانە دەکات. ئەم یەکێتییە دەرفەتی پێکەوە ژیانی رەوتە پێشکەوتنخوازەکان و یەکگرتنەوەی تێکۆشەرانەیان بە شێوەیەکی پتەوو تۆکمە دەرەخسێنێ، ئەویش بەسەرکردایەتیی ئەو پێشرەوە شۆڕشگێڕە کوردستانییەی کە لە رەوتی خەباتدا پەیدا دەبێت. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سڵاوی تێکۆشەرانەی گەرم و گوڕی خۆی بۆ شۆڕشە سەرفرازەکەی فەلەستین دەنێرێ و پشتگیریی دەکا، هەروەها سڵاو بۆ شۆڕشی گەلی زەفارو ئەریتریا و تێکۆشەرانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیاو ئێران و هەموو شوێنێکی کوردستان و بۆ هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی ئێران و تورکیا دەنێرێ و پشتیوانییان لێ دەکات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەپێی وایە بزوتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بزوتنەوەیەکی مێژووکردی بابەتییەو خەباتی رزگاریخوازانەی ئەم بزوتنەوەیە تەنها پاش وەدی هێنانی تەواوی ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کۆتایی دێت، درێژە بەتێکۆشان دەدا، بۆ رێکخستنی هەموو گروپ و دەستە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕە کوردستانییەکان و خرۆشاندن و جۆشدانی جەماوەری گەلەکەمان بۆ درێژەپێدانی رەوشی شۆڕشگێڕانە بە مەبەستی بەدی هێنانی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستان و پشتیوانی کردن لە تێکۆشانی جەماوەری نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەپێناوی وەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکاندا.

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی کورد، تێکۆشەران و پێشکەوتنخوازە هۆشیارەکان

گردبونەوەتان لە دەوری ئاڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پەیوەندی کردن بە ڕیزەکانییەوە بۆ درێژەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەخشە بۆ دانراو وەڵامێکی کەمەرشکێنە بۆ پیلانە ئیمپریالیستییە- شاهنشاهییە- شۆڤێنیستییەکە کە ئامانجەکەی تەفروتوناکردنی شۆڕشی کوردە بەتایبەتی و جوڵانەوەی گەلی کورد بەگشتی، هەروەك گوزارشتێکی لۆجیکییانەشە لە مەحکوم کردنی بەزینی سەکردایەتیی خێڵەکی و مایەپوچییە سیاسی و عەسکەری و فیکرییەکەی و سەرشۆڕکردنی بۆ ویستی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ئێران و بڵاوە پێ کردنی ئەو شۆڕشەی کە جەماوەری گەلەکەمان فیداکاری و قوربانییەکی بێ شوماری بۆ سەرخستنی پێشکەش کردووە.

١٩٧٥/٦/١

دەستەی دامەزرێنەری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## پاشکۆی ژمارە ٢

## یەکەمین پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٩٧٦)

ئەمە ئەو پرۆژەیەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە کەدەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە کۆبونەوەی ئەیلولی ١٩٧٦

پەسندی کردووە بۆ ئەوەی تا بەستنی کۆنگرەی یەکەم کاری پێ بکرێ.

پێویستە لەسەر ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تێکۆشەرانی گەلەکەمان تاوتوێی بکەن، لێی بکۆڵنەوەو رای خۆیان لەبارەیەوە دەربڕن، ئەویش بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی تەواو لەبارەیەوە بۆ پێشکەش کردنی بەکۆنگرە.

پێشەکی:

گەلی کورد لە کۆنترین گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەزاران ساڵە کورد، بەتەنیشت گەلە دێرینەکانی ترەوە، لەدەشت و چیاکانی وڵاتی خۆیان دەژین، دۆستایەتیی گەلانی دراوسێ دەکەن و بەشداریشن لە بنیاتنانی شارستانێتییەکانی ئێران و ئیسلام - عەرەب و دەوڵەمەندکردنی بیرو کەلتورو ویژەو بڵاوکردنەوەی گیانی برایەتی و خۆشەویستی لەنێوان گەلانی رۆژهەڵاتەکەی خۆمان.

لە کاتێکدا کە کورد بەوە ناسراوە کە زۆر هۆگری ئازادییە و زۆریش نیشتمانی خۆی خۆش دەوێ، بەجوامێری و فریاکەوتنی گەلانی دراوسێی لێقەوماویش لە کاتی سەرهەڵدانی هەڕەشەو پەلاماری دوژمنانی کۆلۆنیالیست و کۆنەپەرست ناوبانگی دەرکردووە، تا ئەو رادەیەی کەتوانیویەتی مێژویەکی پڕ خەباتی هاوبەش لەگەڵ ئەو گەلانە تۆمار بکات، مێژویەك کە تا ئەمڕۆ رەنگدانەوەی هەیە. دەشێ پاڵەوانی گەورەو ناوداری کورد سەلاحەددینی ئەیوبی و فەرمانڕەوای دادپەروەر کەریم خانی زەندی ئێران گەواهیی ئەم مەسەلەیە بدەن.

کەواتە شتێکی سەیر نیە کە ڕێچەڵەکی ئەو برایەتییە بەقوڵایی مێژوی هاوبەشی گەلی کوردو گەلانی برادا بەدرێژایی چەندەها سەدە شۆڕ بوویێتەوە، بەبێ ئەوەی ئەم راستییە بشێوێ کەچینە دەرەبەگ و بورژوازییە شۆڤێنیستەکانی گەلانی دراوسێی ئەم رۆژهەڵاتەمان تفت و تاڵترین چەوسانەوەی نەتەوایەتییان دەرخواردی گەلی کورد داوەو لەهەموو مافە نەتەوەیی و دیموکراتی و مرۆییەکان بێبەشیان کردووە، چونکە سروشتی چینایەتیی چەوسێنەرانەی ئەو چینانە، کە خوویان بەمژینی خوێنی رەنجدەرانی گەلەکەمانەوە گرتووە، شۆڤێنیزمێکی دوژمنانە لە دژی گەلانی بندەست، لەوانە گەلی کورد، بەرهەم دێنێت.

کوردستان بەشێکی ئیمپراتۆریای ئیسلامی پێك هێناوە. پاش هەرەس هێنانی ئەو ئیمپراتۆریایە، چەند میرنشینێکی سەربەخۆ پەیدا بوون کەدواتر زۆربەیان چونە ژێر ئاڵای سەڵتەنەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەویی ئێران. کوردستان لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا، لە ڕێککەوتننامەکەی پاش شەڕی ساڵی ١٥١٤ی چاڵدیران، دابەش کرا. پاشان هەردوو دەوڵەت، وردە وردە، بەجۆرەها ریوشوێنی زۆردارەکی و فرتوفێڵ، کەوتنە هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکانی کوردو سەپاندنی دەسەڵاتی بیانی بەسەر کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ چەوسانەوەی نەتەوەیی و تاڵان کردنی سامانی نیشتمان و سەپاندنی کۆت و بەندی داگیرکارانەو باج و سەربازگیری و مەینەتییەکانی جەنگە فراوانخوازییەکانی ئەم دوو دەوڵەتە، کە لە ئاکامدا- وەك کاردانەوە- کوردستانی سەدەی نۆزدەهەم ململانێیەکی خوێناویی لەنێوان هێزەکانی هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانی و قاجاری و نێوان هێزەکانی کورددا بە خۆیەوە بینی، چونکە هێزەکانی کورد بەرگرییان لە نیشتمان کردووە یاخود لە دژی زوڵم و زۆرو ستەم راپەڕی بون و هەوڵی بەدەست هێنانی ئازادی و ژیانی سەربەرزانەیان داوە.

لەجەنجاڵی ئەو راپەڕینە چەکدار و خوێناوییانەدا، ئەو گروپە بنەڕەتییە سەرەتاییانەی کە گەلانی کوردستانیان پێك دەهێنا، لە ئەنجامی وردە وردە

گەشەکردنی پەیوەندیی سەرمایەداریی بازرگانی و بەرهەمی کاڵایی و بڵاوبونەوەی بازرگانی و تێپەڕینی کاروانەکان بەکوردستانداو پەرەسەندنی بازرگانیی گاوگۆتاڵ و لە ژێر کاریگەریی گرێدران بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهان و بڵاوبونەوەی بزاڤەکانی رزگاری و سەربەخۆیی لە ناو گەلانی دراوسێدا، ئەو گروپە بنچینەییە سەرەتاییانەی کە ئیتنیکەکانی کوردستانیان پێکهێناوە، دەستیان کرد بەتوانەوە لە بۆتەی نەتەوەی کورددا، لە ئاکامدا ناسیۆنالیزمی کوردی، بەتێگەیشتنە مۆدێرنەکەی، لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، مێژویی و بابەتی سەری دەرهێناوەو لە ئاکامی داگیرکاریی بیانی و چەوسانەوەی نەتەوەییشدا، بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتیی گەلی کورد (کوردایەتی) وەك بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی گەلێکی چەوساوەو بێبەشکراو لەمافی چارەی خۆنوسین، سەری هەڵداوەو لەم جولانەوە رزگاریخوازەدا چەندان گروپی سیاسی و کۆمەڵەی رۆشنبیری و حزب پەیدا بوون. هەروەها لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا رۆژنامەیەکی سیاسیی کوردی دەرچوو کەرەنگدانەوەی بیری نەتەوەیی کورد بوو، ئەو بیرە نەتەوەییەی کەشیعری نیشتمانپەروەرانەی کورد گوزارشتی لێ کردووەو بەشان و باڵی کوردو کوردستانی هەڵداوەو بانگەشەی بۆ رزگاریی کوردو یەکخستنی کوردستان کردووە.

بەمجۆرە، لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەم، ئەستێرەی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد هەڵات و رۆشنایی هۆشیاریی نەتەوەیی رزگاریخوازانە بەئاسمانی کوردستاندا بریسکایەوەو لە سەرەتادا داوای مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردو راماڵینی زوڵم و زۆرو چەوسانەوەی نەتەوەیی کرا.

بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە سەرەتاوە روی لە هاوکاریی تێکۆشەرانە بوو لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران و تورکیا کە داوای دەستورو چاکسازیی هاوچەرخانەیان کردووە، بەئومێد هەڵچنین لەسەر بەدەست هێنانی مافە رەواکان. لەم سەروبەندەدا کوردە هۆشیارەکان بۆ دانانی سنورێك بۆ جەورو ستەمی فەرمانڕەوایان و سەقامگیرکردنی بنەماکانی حوکمڕانی لەسەر چەند بنچینەیەکی دەستوریی هاوچەرخ و دەستەبەرکردنی مافە دیموکراتییەکان لەوانە ناسەنترالیزمی سیاسی بۆ هاووڵاتییان، بەشدارییان لەشۆڕشی مەشروتیەتی ئێران و شۆڕشی عوسمانیدا کرد، بەڵام هێزە سەرکردەکانی هەردوو شۆڕش نوێنەرایەتیی بورژوازیی بازرگانییان دەکرد کە بورژوازییەکە لە ڕوی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لاوازەو لە سەردەمی ئیمپریالیزم و ئەختەبوتی سەرمایەی دارایی کۆلۆنیالیستییانە سەری هەڵداوە، واتە لە سەردەمێکدا کە تێیدا ئەم بورژوازییە بورژوازییەکی کوڵەوارو بێدەرەتانەو لێی رانابینرێ بتوانێ سەرکردایەتیی شۆڕشێکی دیموکراتییانەی ریشەیی بکاو تەواوی ئەرکەکانی خۆی بەجێ بهێنێ، لەوانە سەلماندنی مافی گەلانی ستەمدیدەو دژایەتی نەکردنی بزاڤی رزگاریخوازانەیان. هەر ئەمەشە کە وای لە بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کردووە بکەوێتە گەڕ بۆ خۆ رێکخستن بە شێوەی حزب و کۆمەڵەی کوردستانی- بەتایبەتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا- بۆ ئەوەی لە دژی دوو دەوڵەتە زەوتکەرەکەی مافەکانی، بکەوێتە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئامانجە نەتەوەییەکانیدا. لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانداو هەروەها پاش ئەو جەنگە، سەرکردایەتیی بزوتنەوەی کورد (کە لەدەستەبژێرە بەرچاوڕونەکان و کەسایەتییە ئاینییەکان و سەرۆکی خێڵەکان و هەندێ لەئەفسەران و خوێندەوارانی کورد پێك هاتبوو) روی

له دەوڵەتە گەورەکانی دوژمنی دەوڵەتی عوسمانی کرد بەو ئومێدەی کە ئەو دەوڵەتانە یاریدەدەر بن بۆ وەدەست هێنانی ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد. بەڵام ئەم ئومێدە هیچی لەسەر هەڵنەچنرا چونکە ئەو دەوڵەتانە بڕیاریان دابوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن و مافی گەلانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، لەوانە گەلی کورد، زەوت بکەن. دەستوەردانی ئەو دەوڵەتانە لەمەسەلەی کورد تەنها هەوڵ و تەقەللایەکی نەگریس بوو بۆ بەکارهێنانی مەسەلەکە بۆ بەدەست هێنانی چاوچنۆکییە کۆلۆنیالیستییەکانیان و بەلاڕێدا بردنی مەسەلەی کورد و دورخستنەوەی لە ڕێبازی خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەرفراز.

بۆیە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد گەڕایەوە سەر خەباتی چەکدار له دژی ئیمپریالیزمی بریتانیا لە کوردستانی باشور، هەروەها له دژی دەوڵەتی کەمالیست کە پاش سەرکەوتنی (بەسەر یۆناندا)، ناپاکیی لەگەڵ گەلی کورددا کردو لەبەڵێنی مافی ئۆتۆنۆمی یان فیدرالیزم پاشگەز بۆوە، هەروەها له دژی حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران کە ئەویش هەر سەر بە بریتانیایە.

بەڵام پیلانی ئیمپریالیزم بۆ دابەشکردنی کوردستان و ملکەچ کردنی گەلەکەی و زەوت کردنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی، لەسەر دەستی ئیمپریالیستەکان و ئەو حکومەتە کۆنەپەرستانە جێبەجی کراوە کەکوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. شۆڕشی کورد کە لە چەندین شوێنی جیاواز بەرپا بۆتەوە، نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بێنێ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك کەگرنگترینیان ئەمانەن:

١-سروشتی سەرکردایەتیی ئاینی و خێڵەکیی کورد کەنەیتوانیوە گەلی کورد بخاتە جۆش و خرۆش و ڕێکی بخاو رابەرایەتیی بکا، نەشیتوانیوە ستراتیجێکی تێکۆشەرانەی راست و دروست دابنێ کە تێیدا دۆست و دوژمن بەڕونی لێك جیا بکرێنەوە، هێزە بنچینەیی و پێشەنگ و هاوپەیمانەکانی شۆڕشە رزگاریخوازەکەی گەلەکەمان دەستنیشان بکرێن، تاکتیکی دروستی بۆ دانرا بێ و ڕێچکەکەی و ئاراستەی گورزە سەرەکییەکەی دیاری کرا بێ.

٢-دواکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریی کوردستان کە بۆتە مایەی بێبەشبونی گەلەکەمان لەپێداویستییە بنەڕەتییەکانی سەرکەوتن وەك بونی چینێکی پێشکەوتوی کرێکار، بڵاوبونەوەی رۆشنبیری و هۆشیاری لە ناو ریزی جەماوەرەکەی، بونی چینێکی بورژوازیی بەهێزو شۆڕشگێڕو پەیدابونی ژیانێکی کۆمەڵایەتیی ئابوریی وا کەبتوانێ ژێرخانی پێویست بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سیاسیی سەربەخۆ دابین بکات.

٣-نەبونی پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕی کارامەو لێوەشاوەو بەرەیەکی نیشتمانیی پانوپۆڕو سوپایەکی رزگاریخوازی مۆدێرن. شۆڕشی کورد پشت ئەستور بووە بەخێڵەکان و ڕێوشوێنە خێڵەکی و سەرەتاییەکان، سەرباری ئەوەی کە سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە فریان بەسەر ڕێوشوێنە تازەکانی شەڕی پارتیزانییەوە نەبوە.

٤-گەلەکۆمەکێی دەوڵەتە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان له دژی شۆڕشی کورد و بێبەشبونی گەلەکەمان لە پشتیوانیی نێودەوڵەتیی داواکراوو پێویست بۆ سەرکەوتن.

٥-خیانەتی چینی دەرەبەگ و بورژوازیی کۆسمۆپۆلیتی کوردو گرێدراوی ئیمپریالیزم لە شۆڕشی کوردو دژایەتی کردنی بەهەموو شێوەیەك.

ئەمە گرنگترینی ئەو هۆیانەیە کەدەبێ درکیان پێ بکەین و تاوتوێیان بکەین و لەبەر رۆشنایی پەند و وانە هەڵهێنجراوەکانی تاقیکردنەوەو ئەزمونەکانی

خەباتی گەلەکەمان ستراتیجێکی راست و رەوان بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابنێین.

ئەزمونەکانی سەدەیەك خەبات ئەم راستییە بنچینەییانەی خوارەوەمان بۆ روون دەکەنەوە:

یەکەم- شکستی ئابڕوبەرانەی سەرکردایەتیی خێڵەکیی راسترەو لەبردنی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد بەرەو سەرکەوتن و ئامادەیی ئەو سەرکردایەتییە بۆ سازش کردن و خیانەتی نیشتمانی و خۆبەستنەوە بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و ئاشبەتاڵ کردن و راکردن لەمەیدان هەر کات هەلومەرجەکە پێویستی کرد بە شێوەیەکی بنچینەیی پشت بەهێز و توانای داهێنەرانەی گەلەکەمان ببەسترێ، ئەویش لەبەر سروشتی چینایەتیی و مەیلی سروشتیی بۆ خۆهاوێشتنە ناو باوەشی ئیمپریالیزم و کلۆڵی و کۆڵەواریی لە جۆشدان و بەگەڕخستنی کۆمەڵانی خەڵکی و بەرپاکردنی جەنگێکی درێژخایەن.

دووەم- ناوەندە ئیمپریالیستەکانی جیهان، لە سەروی هەموویانەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکا، دوژمنی سەرسەختی گەلی کوردو تەواوی گەلانن، متمانەیان پێ ناکرێ و پشت بە بەڵێن و پەیمانەکانیان نابەسترێ و لەم سەروبەندەدا هەوڵدانیان بۆ خۆ نزیك کردنەوە لەگەلەکەمان و خۆ بەدۆست نیشاندان، لە پیلانی نەگریس و بەدفەڕ بەولاوە هیچی تر نیە، ئەویش بە مەبەستی وێرانکردنی بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی بە پوچەڵ کردنەوەی ناوەڕۆکەکەی و بەلاڕێدا بردنی و دورخستنەوەی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەو بە سەرلێشێواندنی بۆ ئەوەی چیتر نەتوانێ دۆست لە دوژمن جیا بکاتەوە، هەروەها بۆ قۆستنەوەی مەسەلە رەواکەی بۆ نیازو مەبەستە پیس و پۆخڵ و پرۆژە ئیمپریالیستەکان، وەك ئەوەی کە لەگەڵ سەرکردایەتییە خێڵەکییەکەی شۆڕشی ئەم دواییەی کورددا رویداوە. بۆیە دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناوەندە ئیمپریالیستییانە یان خۆبەستنەوە پێیانەوە، هەر بەرەو هەڵدێری ناپاکیی نیشتمانی دەچێ.

سێیەم- حکومەتە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستانی نیشتمانمان، کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی بورژوازیی کۆمپرادۆرو بیرۆکرات و زەویدارەکان دەکەن، دامودەزگای داپڵۆسێنەری کۆنەپەرستانەن، هەم دژی جەماوەری رەنجدەری گەلانی خۆیانن هەم دوژمنی گەلی کوردن. چینی بورژوازیی گەلانی سەردەست، تەنانەت بورژوازیی نیشتمانیش، مافی رەوای چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد ناسەلمێنن، بەڵکو لەسۆنگەی سروشتی شۆڤێنیستییەوە، دژی ئەو مافە دەوەستێتەوە، هەروەك بورژوازیی کەمالیستیی تورکیاو بورژوازیی بیرۆکراتی عیراق کە رێوشوێنی فاشیستییانەیان دژی گەلی کورد بەکار هێناوە، ئەمەیان ساغ کردۆتەوە.

چوارەم- لەم سەردەمەی ئێمەدا کە سەردەمی هەرەس هێنانی سیستمی سەرمایەداری و سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستی و رزگاریی گەلانە، شۆڕشی نیشتمانیی کورد بۆتە شۆڕشێکی رزگاریخوازو دیموکراتی نوێ کە تەنها حزبێکی پێشڕەوی جەماوەری و شۆڕشگێڕ دەتوانێ رۆڵی پێشڕەوایەتی تێدا بگێڕێ، حزبێك خاوەنی ستراتیجێکی تێکۆشەرانەی راست و دروست بێ، شایستەی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی بێ، رابەری بەرەیەکی نیشتمانیی پان و بەرین بێ، بەرپاکەری خەباتی چەکدارو هەڵگری ئالای رزگاری و یەکپارچەیی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانە بێ. لێرەدا هاوپەیمانی تەنها لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و ئێران و تورکیا بەگشتی و کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕی ئەو وڵاتانە بەتایبەتی و هێزەکانی شۆڕشی جیهانیی گەلانی دنیای سێ و چینە کرێکارییەکانی وڵاتانی سەرمایەدار و لەگەڵ دەوڵەتە سۆسیالیستەکان دەبەسترێ.

ڕێی ڕزگاری و دیموکراسی و وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکان ڕێی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕە، پشت بەست بە هێزی داهێنەرانەی گەلەکەمان بە شێوەیەکی بنچینەیی و بە هاوپەیمانیی تێکۆشەرانە لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی عەرەبی عیراق و بەخەباتی هاوبەش بۆ سەرخستنی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات و وەدی هێنانی هەموو ئەرکەکانی لەعیراق، نەك ڕێی گۆشەگیریی نەتەوەیی، نەك ڕێی پشت بەستن بەهێزە دەرەکییەکان.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵقولاوی بارودۆخی کۆمەڵگای کوردەواریی پاش شکستی ئابڕوبەرانەی سەرکردایەتیی خێڵەکییە، دەرهاوێشتەی سەرشۆڕکردنی سەرکردایەتیی خێڵەکییە بۆ ویست و ئارەزوی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو شۆڤێنیستەکانی فارس و عەرەب کە لە جەزایر لەسەر کۆتایی هێنان بە شۆڕشی کورد ڕێك کەوتن. بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سیمبولی ئالنگاری شۆڕشگێڕانەو ڕەتکردنەوەی ئەم پیلانەی ئیمپریالیزمە، پیلانێك کە سەرکردایەتیی خێڵەکی قبوڵی کردوەو بۆ تێپەڕاندنی پیلانەکە بەسەر گەلەکەماندا پەنای بۆ جۆرەها درۆو دەلەسەو فڕوفێڵ و خاپاندن بردووە، ئەویش بەقۆستنەوەی متمانەی گەلەکەمان بەو سەرکردایەتییەو سادەیی پێشمەرگە ئازاکان و بڵاوکردنەوەی درۆو بەڵێنی ساختەو تۆقاندنی خەڵکیو هەڕەشەکردن لێیان ئەگەر پلانی کشانەوەی بەکۆمەڵ بۆ ئێران ڕەت بکەنەوەو دەست لەبەرگریی چەکدار هەڵنەگرن.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەسەر ئەو بنچینە واقیعییە تازانە دامەزراوە کە لەگەڵ ماکی کۆمەڵایەتیی ئەو بزوتنەوەیە گونجاوترو تەباترە، بە مەبەستی جۆشدانی هێزەکانی شۆڕش و بەگەڕخستنەوەیان لە شۆڕشدا بەپێی ستراتیجێکی ڕاست و دروست کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەی خوارەوە دادەڕێژرێ:

-کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی داگیرکراوو نیمچە دەرەبەگانەیە کە کشتوکاڵ تێیدا بەشێکی گرنگی ئابورییەکەی پێکدێنێ.

-هێزە زەوتکەرەکانی مافە نیشتمانییەکانی گەلی کورد بریتین لە ئیمپریالیزم و چینە بورژوازی و بیرۆکرات و کۆمپرادۆرو زەویدارەکانی هاوپەیمانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا. ئەم هێزانە بۆ دژایەتی کردنی گەلەکەمان و تەگەرە تێخستنی گەشە کۆمەڵایەتییەکەی، سود لەدەرەبەگایەتیی کوردو زەویداران و پەیوەندییە خێڵەکییەکان و بورژوازیی کۆمپرادۆرو کۆسمۆپۆلیت وەردەگرن.

بۆیە، ئەو دوو ناکۆکییە بنچینەییەی کە لە کوردستاندا هەن ئەمانەن:

١-ناکۆکیی نێوان گەلەکەمان لەلایەك و چەوسێنەران و زەوتکەرانی مافەکان لە لایەکی ترەوە.

٢-ناکۆکیی نێوان جەماوەری گەلەکەمان لەلایەك و دەرەبەگایەتی و بورژوازیی کۆمپرادۆرو کۆسمۆپۆلیتی سەوداکارو پەیوەندییە خێڵەکییەکان لە لایەکی ترەوە.

بەڵام ناکۆکییە سەرەکییە گرنگەکە ناکۆکیی یەکەمە. بۆیە، بەپێی ئەوەی کە لەمەوپێش باس کراوە، گەلەکەمان لەیەك کاتدا ڕوبەڕوی دوو ئەرکی بنچینەیی بۆتەوە:

١-لە ناوبردنی ئیمپریالیزم و چینە بورژوازییە بیرۆکرات و کۆمپرادۆرو زەویدارە فەرمانڕەواو زەوتکەرەکانی مافە نیشتمانییەکانی گەلەکەمان، ئەویش بۆ هێنانە کایەی دەسەڵاتێکی ئیئتیلافیی پێشکەوتنخواز.

٢-لە ناوبردنی دەرەبەگایەتی و پەیوەندییە

خێڵەکییەکان لە کوردستان بە ئەنجامدانی ریفۆرمێکی کشتوکاڵیی ریشەیی.

ئەم دوو ئەرکە، وەك دوو ئەرکی ئۆرگانیکی، پێکەوە گرێ دراون و لێك جیا ناکرێنەوە. جێبەجێ کردنی ئەم دوو ئەرکە بەمانای وەدی هێنانی گۆڕانکاریی قوڵ و بنەڕەتی دێت بەچەشنێك کە ئەو گۆڕانکارییە روخسارێکی شۆڕشگێڕانە وەردەگرێ و تەنها بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی دێتە دی.

ئەم دوو ئەرکە شۆڕشگێڕە ئەو دوو ئەرکەن کە سروشتی شۆڕشی نیشتمانی و دیموکراتیی کورد دیاری دەکەن. بۆیە، شۆڕشەکە بەمانا رزگاریخوازییە ریشەییەکەی، شۆڕشێکی نیشتمانییە، بەمانا تازەکەشی، شۆڕشێکی دیموکراتییە. کەواتە شۆڕشەکەمان هەم شۆڕشێکی رزگاریخوازی نیشتمانییە هەم شۆڕشێکی دیموکراتیی نوێیەو دواجار، ئەم شۆڕشە لەهەناوی خۆیدا دوو جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی گرتۆتە خۆ کە بە شێوەیەکی ئۆرگانێکی و لەپچڕان نەهاتوو بەیەکتری بەستراونەتەوە، یەکێکیان شۆڕشی رزگاریی نیشتمانییەو ئەوی دی شۆڕشێکی کشتوکاڵییە. ئەگەر ئەم دوو شۆڕشە لێك جیا بکرێنەوە، هەردوکیان ژێر دەکەون، بەڵام ئەنجامدانی هەردوو شۆڕش، هەموو جار بە شێوەیەکی هاوتەریب و بەیەك ئاست نابێ.

لەو نۆڕینەشەوە کە ئیمپریالیزم و چینە چەوسێنەرە حوکمڕانەکان دوژمنە سەرەکییە مەترسیدارەکە پێکدێنن و لەو گۆشە نیگایەشەوە کە لە ناوبردنیان هۆکارێکە بۆ بەدی هێنانی ئازادییە دیموکراتییەکان و جێبەجێ کردنی ریفۆرمی زەوی و هێنانە سەر کاری دەسەڵاتێکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز و جێبەجێ کردنی تەواوی ئەرکە دیموکراتییەکان، دەبێ ئەرکی ململانێ لە دژی دەرەبەگایەتی و بورژوازیی کۆمپرادۆرو کۆسمۆپۆلیتی خۆماڵی بە پێوانەی پێداویستییەکانی ململانێ دژی ئیمپریالیزم و چینە فەرمانڕەوا کۆنەپەرستەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

جا لەبەر ئەوەی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی شۆڕشی کورد لە عیراق تەنهاو تەنها بەجێبەجێ کردنی ئەم دوو ئەرکە دێنە دی، کەواتە دەبێ ئەو شۆڕشە بکرێ بەشۆڕشێکی عیراقی و ببێ بەشۆڕشی کوردو عەرەب و هەموو هاوولاتییانی تورکمان و ئاشوری و گروپەکانی تر کە لەسەرەنجامدا مەسەلەی کورد، لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی شۆڕشە دیموکراتییە نیشتمانییەکەی عیراقدا، بە شێوەیەکی دیموکراتییانە چارەسەر دەکرێ.

لێرەدا، لەبەر گرنگی و بایەخی هەردوو ئەرکی رزگاری و دیموکراسی و لەو روانگەیەوە کە گەل، وەك یاسایەکی گشتی، خۆی خۆی رزگار دەکا، دەبێ تەواوی هێزە نیشتمانییەکان و هەموو چینە نیشتمانییەکانی گەل لە بەرەیەکی رزگاریخوازانەی فراوان کۆ بکرێنەوە کە بنچینەکەی هاوپەیمانیی کرێکاران و جوتیارانە، ئەوانەی کە زۆربەی هەرە زۆری گەل پێکدێنن و دوچاری جۆرەها چەوسانەوەی نەتەوەیی و ستەمی چینایەتی دەبن و بە هێزی سەرەکیی خەباتی نیشتمانیی دیموکرات دەژمێردرێن و دواتریش دەبنە هاوپەیمانی بورژوازیی بچوك و بورژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی شارەکان.

ئینجا لە یەکگرتنی ئەم چوار چینە نیشتمانییە، بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز پێکدێ.

کەواتە ئەرکە سەرەکییەکەی تێکۆشانمان ئەمەی خوارەوەیە:

هۆشیارکردنەوەو رێکخستنی چینی کرێکار کە شایستەی ئەوەیە رۆڵی پێشڕەو بگێڕێ و

بەگەڕخستن و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵکی جوتیاران و تۆکمەکردنی هاوپەیمانییان لەگەڵ کرێکاران، بەو پێیەی کە جوتیاران هێزێکی شۆڕشگێڕی سەرەکی پێکدێنن و شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات بەبێ بەشداریی کاریگەرانەیان سەر ناکەوێ. پاشان دەبێ چینی کرێکار هاوپەیمانی لەگەڵ بورژوازیی بچوك و بورژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی شارەکان پێك بێنێ و یەکێتییەکی نیشتمانی بێنێتە دی کە وردە وردە پەرەی پێ بدرێ و بکرێتە بەرەیەکی راستەقینەی یەکێتیی نیشتمانی. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەو بۆ سەرکەوتن لە شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتدا، دەبێ ئەم پێداویستییانەی خوارەوە دەستەبەر بکرێن:

١-بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فراوان کردنی ریزەکانی و گەشەپێدانی، ئەویش بەجۆشدان و رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی لە ژێر ئاڵاکەی و خرۆشاندنی جموجوڵیان و بەرە بەرە فۆرمۆلەبەندی کردنی رەوتە پێشکەوتنخوازەکانیان لە چوارچێوەی رێکخراوە تایبەتەکانی خۆیاندا، لە ژێر ئاڵای بەرەی یەکێتیی نیشتمانی. ئەمەش ئەرکێکی رێکخراوەیی تێکۆشەرانەی گرنگەو بەبێ جێبەجی کردنی، نە شۆڕشی کورد زیندوو دەبێتەوە نە بەعیراقی دەکرێ و نە ئەو حزبە پێشرەوە سەر دەردێنێ کە لە موتوربەکردنی بزاڤی کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕو بیروباوەڕی سۆسیالیزمی زانستیی پێشەنگ پەیدا دەبێ.

٢-تێکۆشان بۆ پەلەکردن لە پەیدابونی ئەو حزبە پێشرەوە شۆڕشگێڕەی کە بەکردەوە دەتوانێ رۆڵی پێشرەوی بزوتنەوەی رزگاریخوازو شۆڕش بگێڕێ.

٣-هێنانە دیی هاوبەستەگیی تێکۆشەرانە لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب بە شێوەیەکی گشتی و ئەو هێزانەی کەنوێنەرایەتیی جەماوەری رەنجدەرو زەحمەتکێشی عەرەب دەکەن بە شێوەیەکی تایبەت، ئەویش لە رێی بەعیراقی کردنی شۆڕشی کوردو هێنانە دیی بەرەیەکی خەباتگێڕی یەکگرتوو بۆ خەبات کردن لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانی و دیموکرات، شۆڕشی کوردو عەرەب و هەموو هاووڵاتییانی عیراق.

٤-پەرەپێدانی یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کردنی بەسوپای گەل بەجۆرێك کەبتوانن جەنگی گەل بەرپا بکەن و یاساو رێساو شێوازە مۆدێرنەکانی ئەو جەنگە تێ بگەن، بە شێوەیەکی کردارەکی جێبەجێیان بکەن و بکەونە گەڕ بۆ بەعیراقی کردنیان، ئەویش بە بەشداری پێ کردنی یەکە عەرەبی و تورکمانی و ئاشورییەکان تێیداو فراوان کردنی قەڵەمڕەوی زەبری شۆڕشگێڕانە لەسەرانسەری عیراقدا بەپێی بەرنامەیەکی خەباتگێڕانەی یەکگرتوو بۆ دیاری کردنی ئامانجە هاوبەشەکان و پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی گشتیی یەکگرتوو و دابین کردنی پێداویستییە ماددی و عەسکەرییەکانی سەرکەوتن.

٥-تێگەیشتن و پەی بردن بە پەیوەندیی ئۆرگانیکیی نێوان گروپەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و بەدی هێنانی هەماهەنگیی تێکۆشان لەنێوانیاندا.

٦-بەدی هێنانی هاوکاریی تێکۆشەرانە لەنێوان هێزە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی ئەم رۆژهەڵاتەی خۆمان بۆ ئەوەی هەموو ئەو هێزانە لەیەك سەنگەردا بن لە دژی ئیمپریالیزم بەهەموو شێوەکانییەوەو لە دژی زایۆنیزم و دەستدرێژیی ئیسرائیل و حکومەتە کۆنەپەرستەکان، لەپێناوی رزگاریی وڵاتەکانمان و گەشە دیموکراتییە سەربەخۆکەیاندا.

٧-پشتیوانیی تێکۆشەرانە لە هێزە شۆڕشگێڕە جیهانییەکان بەهەر سێ جۆگەوە کەبریتین لەبزوتنەوە

شۆڕشگێڕە رزگاریخوازەکان و چینی کرێکارو دەوڵەتە سۆسیالیستەکان.

**پرۆگرام**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ:

یەکەم- عیراقێکی دیموکرات:

أ-رزگارکردنی عیراق لەکۆت و زنجیرو پەیوەندییەکانی کۆلۆنیالیزمی نوێ و لە رژێمی دیکتاتۆری دوژمن بەگەل و هێنانە سەر کاری حکومەتێکی دیموکراتی ئیئتیلافی لە نوێنەرانی پارتە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان و چینەکانی گەل و نەتەوە سەرەکی و بچوکەکانی عیراق تا وڵات لە ماوەیەکی کورتدا بگوێزرێتەوە ژیانێکی ئاسایی دیموکرات کە هەموو سەربەستییە دیموکراتییەکان بۆ گەل دابین بکا: سەربەستیی هەڵبژاردن، نوسین، فەرهەنگ، دامەزراندنی حزب، سەندیکا، کۆمەڵەی جوتیاری، رێکخراوە دیموکراتییەکانی لاوان، قوتابیان، مامۆستایان، ئافرەتان، مافی کۆبونەوە، خۆپیشاندان و مانگرتن.

ب-پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نیشتمانی لە رێگەی هەڵبژاردنی ئازادو راستەوخۆو نهێنییەوە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی عیراقەوە بۆ دانانی دەستوری وڵات و دارشتنی بناغەی حوکمی دیموکراتی و سەلماندنی ئۆتۆنۆمی.

پ-بەشداربونی کوردو نەتەوە بچوکەکان لە ئۆرگانە ناوەندییەکاندا بەپێی ژمارەیان.

ت-گەراندنەوەی دانیشتوانی ئەسڵیی ئەو ناوچانەی لە شوێنەکانی خۆیان بەزۆر دەرکراون.

ج-بەرەڵاکردنی هەموو گیراوە سیاسییەکان و گێرانەوەیان لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەسەر بیروباوەری پێشکەوتنخوازانە لەکار دەرکراون بۆ سەر کارو فەرمانەکانی خۆیان.

چ-لابردنی هەموو ئەو یاسایانەی بەگیانی فاشیستی و بیروباوەری کۆنەپەرستانە دانراون و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو رێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی کە بە پێچەوانەی قازانجی گەلەوە کراون.

ح-هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانییەکان و دەزگاکانی بەرێوەبردن راستەوخۆ لە لایەن هاوولاتییانەوە.

دووەم- کوردستانی ئۆتۆنۆم:

أ-پێکهێنانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ناوچەکانی شنگال، زوممار، سێمێل، شێخان، تلکێف، ئەلکیش، باشیك، خانەقین، مەندەلی و پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، کەرکوك و سلێمانی.

ب-دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی جگە لە کاروباری پاراستنی وڵات، پەیوەندییەکانی دەرەوە، دارایی گشتی کە بەدەست دەزگاکانی ناوەندییەوە دەبن، هەموو دەسەڵاتێکی تریان دەبێ.

پ-دەزگای ئۆتۆنۆمی ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ گەل دابین دەکات.

ت-دانیشتوانی کوردستان لە١٨ ساڵییەوە بەرەو ژور بەرێگەیەکی ئازادو نهێنی و راستەوخۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەڵدەبژێرن.

ج-ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەزگایەکی بەرێوەبردن بۆ هەڵسوراندنی کاروباری هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان هەڵدەبژێرێ و باوەری دەداتێ یان لێی دەسێنێتەوە.

چ-هێزەکانی پۆلیس، ئاسایش، پاسەوانی سنورو پێشمەرگە بەدەزگای بەرێوەبردنی ئۆتۆنۆمییەوە دەبەسترێن.

ح-بودجەی ئۆتۆنۆمی پێکدێ لە باجە ناوچەییەکان و دەرامەتی پرۆژەکانی ئابوریی تایبەتی هەرێمەکەو ئەو بەشەی بودجەی گشتیی عیراق کە بەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی لە چاو

هی هەموو عیراق دیاری دەکرێت.

خ-دەستەبەرکردنی ژیانی خێزانی شەهیدو پەککەوتوو و لێقەوماوانی شۆڕشی کوردستان و پاراستنی مافەکانی ئەوان و هەموو ئەوانەی بەشداری شۆڕش دەبن و زەرەریان لێ دەکەوێ.

د-هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بۆی هەیە بێتە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان و کار بکات.

سێیەم- مافی ئاشوری، تورکمان و کلدان:

أ-بۆ ئەوەی لە ناو چوارچێوەی کوردستانی ئۆتۆنۆم سەربەستیی بەکارهێنان و گەشەپێدانی مافی نەتەوەیی و فەرهەنگیی ئاشوری، تورکمان و کلدان دەستەبەر بکرێ، بەپێی ژمارەیان لەچاو دانیشتوانی هەرێمەکە نوێنەریان لەئەنجومەنی نیشتمانی و دەزگای بەڕێوەبردنی کوردستاندا دەبێ.

ب-لەو شوێنانەدا کە زۆرایەتیی دانیشتوانن، مافی دامەزراندنی دەزگای تایبەتی خۆ بەڕێوەبردنیان هەبێ.

پ-هەموو ئەوانەی دەربەدەر کراون مافی گەڕانەوەیان هەبێ بۆ هەرێمی کوردستان.

چوارەم- گەشەپێدانی لادێ:

أ-چاککردنی بنەڕەتیی کشتوکاڵ بەپشت بەستن بە جەماوەری جوتیاران بەجۆرێکی ئەوتۆ کە رەگوڕیشەی پەیوەندییە دەرەبەگی و خێڵەکییەکان دەربهێنێ و زەوی و ئازادی بۆ جوتیاران دەستەبەر بکات و ببێتە هۆی خەملین و گەشەکردنی لادێ و ژیانی لادێییەکان و ماکیناوی کردنی کشتوکاڵ و پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە.

ب-دامەزراندنی ئاوایی کشتوکاڵی، ئاژەڵی، پیشەسازی بۆ دروست کردنی مەڵبەندی ئاوەدان و هاوچەرخی ژیان بە کۆکردنەوەی چەند گوندێکی بچوك، یان دانیشتوانی ناوچەیەك لە دەوری پڕۆژەیەکی سەرەکی.

پ-باش کردنی ژیانی شوان و گاوان و خاوەن ئاژەڵەکان و پاراستن و پەروەردەکردن و گەشەپێدانی ئاژەڵ و وڵسات و دیاری کردنی شوێنی کۆکردنەوەو لەوەڕاندنیان. چاککردنی چۆنایەتی و زۆرکردنیان و دامەزراندنی پیشەسازیی ئاژەڵی و پەرەپێدانی خزمەتی بەیتالی.

ت-دانانی پلانێکی درێژخایەن بۆ بیناکردنەوەی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان بە شێوەیەکی وا کە لەگەڵ پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمەو دەستەبەرکردنی خانوبەرە بۆ هەموو کەس و جوانیی سروشت و ئاووهەوای کوردستان بگونجێ.

ج-بەستنی گوندو شارەکانی کوردستان بەیەکترییەوە لە رێگەی دروستکردنی تۆڕی رێگاوبانی ئاسن و ئاسفالت و رێگەی هەواییەوە.

پێنجەم- بەدەستهێنان و چەسپاندن و گەشەپێدانی سەربەخۆیی ئابوریی نیشتمانی:

أ-بەتەواوی رزگارکردنی سامانی پەترۆلی عیراق لە چنگ کۆمپانیا ئیمپریالیستییەکان بە هەڵهێنجان و پاڵاوتن و گواستنەوەو فرۆشتنەوە. دامەزراندنی پیشەسازیی پیترۆ کیمیایی و پەیڕەوی کردنی سیاسەتێکی نیشتمانیی دوربین لەهەڵهێنجان و فرۆشتنی پەترۆل دا کە بە تەواوی بگونجێ لەگەڵ نەخشەی درێژخایەنی گەشەپێدانی ئابوریو کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا.

ب-خۆماڵی کردنی بازرگانیی دەرەوەو چاودێری کردنی بازرگانیی ناوەوەی وڵات و گەشەپێدانی دەزگاکانی کەرتی گشتی.

پ-گەشەپێدان و فراوان کردنی کەرتی گشتیی پیشەسازی و بیناسازی و بازرگانی و بانکەکان لەگەڵ هاندانی کەرتی تایبەتی پیشەسازی و پڕۆژە بەرهەمهێنەکان.

ت-دانانی پلانێکی درێژخایەن بۆ پیشەسازکردنی کوردستان لە رێگەی دامەزراندنی پیشەسازیی

کشتوکاڵی و ئاژەڵی و پەرەپێدانی پیشەسازیی پەترۆلی و پیترۆ- کیمیایی و بەهرە وەرگرتن لەو کانزایانەی هەن بە دامەزراندنی پیشەسازیی قورس و ئەوانەی بۆ گەشەپێدانی وڵات پێویستن.

ج-دامەزراندنی وێستگەی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەگوێ ئەستێڵە دەستکردو تاڤگە سروشتییەکان بۆ کارەباوی کردنی سەرانسەری وڵات.

شەشەم- پەیوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی و جیهانی:

بۆ سەرکەوتنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە داڕشتنی پەیوەندییە نیشتمانی و نەتەوەیی و جیهانییەکاندا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەچاوکردنی سەربەخۆبون، دەستوەرنەدانە کاروباری یەکتری، گۆڕینەوەی بیروڕا، ئاڵوگۆڕی یارمەتی و ئالیکاری، خەبات دەکات بۆ:

أ-یەکگرتنی ریزەکانی گەلی کوردستانی عیراق، یەکگرتنی کرێکاران و جوتیاران، بورژوازیی بچوك و بورژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز، یەکگرتنی تاقم و پیلە پێشکەوتنخوازە جیا جیاکان لە یەکێتییەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، دژی دەربەدەرکردنی کوردو بەعەرەب کردنی کوردستان، بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات.

ب-پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوی هەموو حزب و رێکخراوو تاقم و کەسە پێشکەوتنخوازو دیموکرات و مارکسییە لینینییەکانی عیراق لەپێناوی روخاندنی حوکمی فاشیستی و هێنانە سەر کاری حکومەتێکی دیموکراتی ئیئتیلافی کە دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان جێبەجێ بکات.

پ-پێکهێنانی هاوکاریی پتەو لەگەڵ بەشەکانی تری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا لەپێناوی بەدەست هێنانی مافی چارەنوسدا.

ت-پێکەوە گرێدانی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازو شۆڕشگێڕانەی عەرەب، فارس، تورك، ئازەر، بلوچ و گەلەکانی تر بۆ شکاندن و دەرکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و روخاندنی حوکمی چینە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، تەواوکردنی سەربەخۆیی نیشتمانیی سیاسی و ئابوری و گەشەپێدانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتدا.

ج-پێکەوە گرێدانی بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی دنیای سێیەم، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاری وڵاتانی سەرمایەدارو دەوڵەتە سۆشیالیستەکاندا.

حەوتەم- گەشەکردنی کۆمەڵایەتی:

أ-ئافرەت:

ا-رزگارکردنی ئافرەتان لە کۆت و زنجیرەکانی کۆنەپەرستیی سەدەکانی ناوەڕاست و دەستەبەرکردنی مافی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییان و یەکسانیی تەواوو هاوبەشییان لەگەڵ پیاوداو دانانی یاسای ئەوتۆ کەمافەکانی ئافرەت لە کارکردن، خوێندن، شوکردن، جیابونەوەو میراتدا بپارێزێ.

٢-دابین کردنی سەربەستیی دیموکراتی بۆ بەهێزکردنی بزوتنەوەی ئافرەتان و خستنە گەڕیان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریی وڵات.

٣-پاراستنی مافی دایك و منداڵ، دەستەبەرکردنی بەخێوکردنی منداڵ و بایەخدان بە دایکە کارکەرەکان.

٤-دابین کردنی کار یان موچەی بێکاری بۆ هەموو هاووڵاتییەکی ژن و پیاوو دەستەبەرکردنی موچەی خانەنشینی بۆ بەساڵاچووان و پەککەوتەکان.

ب-کرێکار:

١-پاراستنی مافی کرێکارانی شارو لادێ، برینەوەی موچەیەکی گونجاو لەگەڵ چۆنایەتیی کارەکەیان کە لایەنی کەمی ژیانێکی ئاسودەیان بۆ دەستەبەر بکات.

٢-دیاری کردنی ماوەی کارکردنی رۆژانە بە ٧ سەعات.

٣-دەستەبەرکردنی مافی دامەزراندنی نەقابە (سەندیکا) و جۆشدانی بزوتنەوەی کرێکاران تا دەوری مێژویی خۆی ببینێت لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی وڵاتدا.

٤-دەستەبەرکردنی مافی مانگرتن و خۆپیشاندان.

٥-چاککردنی مەرجەکانی کارکردن و پاراستنی کرێکاران لەنەخۆشی و مەترسییەکانی کار.

ج-تەندروستی:

١-زیادکردنی تیمارخانەو نەخۆشخانەو دابەش کردنی دکتۆرو برینپێچ بەسەر ناوچەکاندا بەپێی پێویستیی ناوچەکان و ژمارەی دانیشتوانیان.

٢-پاراستنی تەندروستیی گەل بەدەستەبەرکردنی چارەسەری خۆڕایی و لە ناوبردنی نەخۆشییە بڵاوەکان.

٣-کردنەوەی خوێندنگەو کۆلیجی پزیشکی بۆ ئامادەکردنی کادیری پێویست.

٤-بایەخدان بەهاوینە هەوارو شوێنەکانی حەسانەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵك.

٥-پاراستنی پاك و خاوێنیی مەڵبەندی ژیان.

هەشتەم-گەشەپێدانی خوێندن و پەروەردە:

أ-بەزۆرکردنی خوێندن لە پلەی سەرەتاییداو ئامادەکردنی ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ ئەوەی هەموو منداڵێك بتوانێت لە کاتی خۆیدا بچێتە خوێندنگە.

ب-بەکوردی کردنی خوێندن لەهەمو پلەکاندا لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافی نەتەوە بچوکەکان (ئاشوری، تورکمان، کلدان) لە خوێندندا بە زمانی خۆیان.

پ-کردنەوەی خوێندنگەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان.

ت-فراوان کردن و گەشەپێدانی زانستگای سلێمانی وەکو زانستگایەکی تایبەتی هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی بەدەزگاکانی ئۆتۆنۆمییەوەو بایەخدانێکی تایبەت بە زمان و ئەدەب و مێژوو و فەرهەنگی کورد تیایدا.

ج-خوێندنی زمان، ئەدەب و مێژووی عەرەب لەهەموو پلەکانی خوێندنی هەرێمی کوردستان، هەروەها خوێندنی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لەخوێندنگاکانی ناوچەکانی تری عیراق لەپێناوی بەهێزکردنی گیانی برایەتی لەنێوان هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبدا.

چ-پاك کردنەوەی بابەتەکانی خوێندن لە بیروباوەڕی شۆڤێنی و کۆنەپەرستی و ناڕاست و پەروەردەکردنی قوتابی بەگیانی پێشکەوتنخوازی و برایەتیی گەلان و دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم و کۆنەپەرستی.

ح-دامەزراندنی ئەکادیمیی زانستیی کوردی لە کوردستان، لە کەسانی زاناو شارەزای نیشتمانپەروەر بۆ سەرپەرشتی کردنی نوسینەوەی مێژوی زمان و ئەدەب و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و ساخ کردنەوەو چەسپاندنی زاراوە زانستییەکان بەکوردی و دانانی شێوەیەکی یەکگرتوو بۆ نوسینی زمانی کوردی.

خ-گەشەپێدانی یەکێتیی نوسەرانی کوردو کۆمەڵەی رۆشنبیرانی کوردو گواستنەوەی بارەگاکانیان بۆ پایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆم و دابین کردنی سەربەستیی بیرکردنەوەو نوسین و هەڵبژاردنیان.

د-دانانی ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆنی کوردستان لە ژێر چاودێریی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا.

ر-بایەخدان بەسامانی نەتەوەیی هونەری و ئەدەبی و ژیاندنەوەو گەشەپێدانی لایەنە پێشکەوتنخوازەکەی فۆلکلۆرو هونەری گەل.

ز-بایەخدان بەهونەری مۆسیقاو گۆرانی و وەرزش و گەشەپێدانیان بۆ خزمەتی گەل.

ژ-دامەزراندنی دەزگای نوێی ئەوتۆی چاپەمەنی لە کوردستان کە بتوانێت پێویستییەکانی هەرێمەکە پڕ بکاتەوە لە ڕوی چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانەکانی کوردی و سریانی و تورکمانی.

پەیڕەوی ناوخۆ

یەکەم- سروشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان:

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکگرتنی ئارەزومەندانەی تێکۆشەران و تاقمە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە بە شێوەی نیمچە بەرەیی کە ڕێگە دەدات بە پێکەوە ژیان و خەباتی رەوتی کوردپەروەر، دیموکرات، پێشکەوتنخوازو مارکسی- لینینی بۆ هێنانە دیی بەرەی یەکگرتوی چینەکانی کرێکاران و جوتیاران و هاوپەیمانەکانیان: بورژوازیی بچوك و بورژوازیی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بۆ لە ناوبردنی یەکجارەکیی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و دیکتاتۆریای کۆنەپەرست و زایۆنیزم و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی بیرۆکرات و هێنانە دیی ئامانجەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات لە سەرانسەری عیراقدا بەدابین کردنی مافی ئۆتۆنۆمیشەوە بۆ کوردستان.

ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێبازی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەی یەکگرتوی کوردو عەرەب و هەموو هاونیشتمانانی عیراقە لە بەرەیەکی یەکگرتوی نیشتمانیی دیموکراتدا، هەروەك خەباتی یەکگرتوی هەموو بەشەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیی پێشکەوتنخواز لەسەرانسەری کوردستان و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات و ڕەنجدەرانی جیهان بە مەرجێکی پێویست بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی دادەنێ.

دووەم- پرنسیپەکانی ڕێکخستن:

ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئەم پرنسیپانە دادەمەزرێ:

أ-ناوەندێتیی دیموکراتی لە کاروباری گشتی و ستراتیجیدا:

١-پێکهێنانی کۆمیتەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادو نهێنییەوە.

٢-سەربەستیی دەربڕینی بیروڕا، لێدوان، پرسیار، پێشنیار، ڕەخنە لەخۆو لەهەموو ئۆرگان و هەڵوێست و ئەندامێك لە چوارچێوەی ڕێکخستندا.

٣-گوێڕایەڵیی ئۆرگانەکانی ژێروو بۆ ئۆرگانەکانی ژووروو، کەمایەتی بۆ زۆرایەتی، سەرانسەری ڕێکخستن بۆ ئۆرگانی ناوەندی.

ب-نەناوەندێتی (ناسەنترالیزم) لە کاروباری تایبەتی و تاکتیکیدا:

١-دانانی پلان و ڕێوشوێنی گونجاو لەگەڵ دۆخی تایبەت لەبەر تیشکی ستراتیج و سیاسەتی گشتی.

٢-سەربەست بوون لەوەرگرتنی ئەندام، پێکهێنانی ڕێکخراو و ئۆرگانی نوێ و پەلهاوێشتن بۆ پەرەپێدانی ڕێکخستن لە دەرەوەی سنوری جوگرافی و ئیداریی ناوچەکەی خۆی.

پ-گەلە رابەری (سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ) لە بڕیارداناو پێ سپاردن و دابەش کردنی لێپرساویی یەکتەنی لە جێبەجێ کردندا.

ت-پاراستنی هاوئامانجی و هاوبیری و هاوکاری و هاوهەڵوێستیی ڕێکخستن.

سێیەم-ئەندامەتی:

ا-هەموو هاونیشتمانییەکی کوردستان، ژن و پیاو، بێ گوێدانە جیاوازیی ئاین، ڕەگەز، زمان، پایەی کۆمەڵایەتی و جیهانبینی، دەتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەو مەرجەی:

١-بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە بێت، دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی بێت، لایەنگری خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلان بێت، باوەڕی بە هێزی لەبن نەهاتووی گەل و ڕاستی و ڕەوایی سەرکەوتنی مەسەلەکەی هەبێت.

٢-ناوبانگی باش بێت و ڕەوشت و خووی جوان بێت،

پاشەڵ پیس نەبێت و لە ناو خەڵكدا بە هۆی دەست پیسی و ئازاردانی گەل یان ئەندامەتی و هاوكاری كردنییەوە لەگەڵ دەزگایەكی دوژمن بەگەل بەدناو نەبووبێت.

٣- لەئامانج و بیروڕاو ڕێبازی خەبات و پرنسیپەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان گەیشتبێت و باوەڕی پێیان هەبێ و ئامادە بێ بۆ خەبات و قوربانیدان لە ڕێگەی بەجێ هێنانیاندا.

ب-پێویستە لەسەر هەموو ئەندامێكی یەكێتی:

١-پارێزگاریی هاوكاریو هاوبیری و هاوویستی و نهێنییەكانی ڕێكخستن بكا.

٢-بەو جۆرەی ئۆرگانە سەركردەییەكان دیاریی دەكەن، بەشێكی دەرامەتی خۆی بۆ ئەندامانە تەرخان بكاو بەڕێكوپێكی پەیوەندیی لەگەڵ یەكێك لە ڕێكخراوەكانی یەكێتی هەبێ.

٣-لەگەڵ یەكێتیدا راستگۆو راستاڵ بێ، راستی نەشارێتەوەو قازانجی گەل و یەكێتی لەسەروو قازانجی خۆیەوە دابنێت.

٤-خزمەتی گەل بكاو بچێتە ناو خەڵكەوە، پەیوەندییان لەگەڵ دابمەزرێنێ و گیروگرفت و بیروڕاو ئاوات و ئازارەكانیان هەڵ بسەنگێنێت و بیانگەیەنێتەوە بە یەكێتی.

پ-هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە:

١-لە سنوری ڕێكخستندا بەوپەڕی سەربەستییەوە رەخنە لە هەموو ئۆرگان و هەڵوێست و سیاسەت و ئەندامێك بگرێت و داوای رونكردنەوە بكاو پرسیارو پێشنیار بكا.

٢-دادو سكاڵای خۆی بگەیەنێتە ئۆرگانی ناوەندی، ئەگەر ئۆرگانەكانی خوارەوە خستییانە پشت گوێ.

٣-لە كاتی تەنگانەدا داوای یارمەتی بكا.

ئەگەر گیرا یان خۆی شاردەوە یان بوو بەكادیری پیشەیی یان بە پێشمەرگە بژێنرێت و ئەگەر پەكی كەوت، پیر بوو یان شەهید بوو، یارمەتیی خێزانەكەی بدرێ.

٥-خۆی و ئەندامانی تر بۆ ئۆرگانە جیاجیاكان هەڵ ببژێرێت.

ت-لەبەر ئەوەی لە قۆناغی ئێستای ڕێكخستندا ڕێكخراوەكانی یەكێتی لە كاروباری ناوەوەی ڕێكخستندا پەیڕەویی پرنسیپی نەناوەندێتی دەكەن، هەر ئۆرگانێكی سەربەخۆ بۆی هەیە:

١-هەر كەسێك مەرجەكانی ئەندامەتیی تێدا بوو، بەئەندام وەری بگرێت.

٢-هەر ئەندامێك سزا بدا، دور بخاتەوە یان دەر بكا ئەگەر:

ا-یەكێك لە مەرجەكانی ئەندامێتیی لەدەستدا.

ب-ئەرك و فەرمانی ئەندامەتیی بەجێ نەهێنا.

پ-یەكێتیی بۆ مەبەست و قازانجی تایبەتیی خۆی بەكار هێنا.

چوارەم- ئەندامەتیی ناڕاستەوخۆ:

هەموو ڕێكخراوو دەزگاو تاقمێكی سیاسی، كۆمەڵایەتی، پیشەیی، نەقابی و فەرهەنگی دەتوانێ وەكو ڕێكخراو یان رەوتێكی سەربەخۆ بێتە ناو ریزی یەكێتییەوە بەو مەرجەی:

أ-پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆو سیاسەتی گشتیی یەكێتی پەسند بكا.

ب-پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی لەگەڵ پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی ناكۆك نەبێ.

پ-بەپێی ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگەیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان خەبات بكا.

لە بەرامبەر ئەمانەدا بۆی هەیە:

أ-پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆو ڕێكخستنی سەربەخۆی بمێنێ و پەیڕەویی پرنسیپی نەناوەندێتی بكا لە كاروبارەكانیدا.

ب-نوێنەری هەبێت لە ئۆرگانی ناوەندیی یەكێتیداو

نوێنەر بنێرێتە کۆنفرەنس و کۆبونەوە فراوانەکانی، بەپێی ژمارەو قورسایی کۆمەڵایەتیی خۆی.

پ-ئەندامەکانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ببنە ئەندامی یەکێتی.

پێنجەم- شێوەی ڕێکخستن:

أ-شانە: بنچینەی ڕێکخستن و رەگ و دەماری یەکێتییە لە ناو جەماوەری گەل دا بۆ:

١-بڵاوکردنەوەی بیروڕاو بڵاوکراوەکانی یەکێتی.

٢-دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك و زانینی گیروگرفت و پێویستی و داواکانیان، فێرکردن و لێ فێربونیان، کۆکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس و گەیاندنی بە یەکێتی.

٣-دۆزینەوەی ئەندام و لایەنگرو دۆستی نوێ.

٤-شانە لە ٣ تا ٧ ئەندام پێکدێ بەپێی بڕیاری کۆمیتەیەکی دەسەڵاتدار.

٥-کۆبونەوەی دەوری دەکا بۆ خۆ هۆشیارکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کاروباری یەکێتی و دانانی ڕێوشوێنی راستی کارکردن و فەرمان بەجێ هێنان.

ب-هێشوو: بۆ پاراستنی ڕێکخستن و بەهۆی پەرت و بڵاوبونەوەی تێکۆشەران و تازەیی دروستبونی یەکێتییەوە، ڕێکخستنی یەکێتی جارێ لەسەر شێوەی هێشوو بەیەکەوە دەبەسترێ.

١-هێشوو لەچەند شانەیەك پێکدێ کە بەپێی پرنسیپی نەناوەندێتی کار دەکا.

٢-دەگونجێ لەیەك ناوچەدا چەند هێشوویەکی سەربەخۆو لەیەك جیا هەبێ.

٣-هێشوو یەکسەر بە ئۆرگانی ناوەندی یان بەکۆمیتەیەکی دەسەڵاتدارەوە بەستراوەتەوە.

٤-هەر ڕێکخراوێك دایە پاڵ یەکێتی وەکو هێشوویەکی سەربەخۆ رەفتاری لەگەڵدا دەکرێ.

پ-ئۆرگانی ناوەندی:

دەستەی دامەزرێنەر لەباتی ئۆرگانی ناوەندی لێپرسراوە لە ڕێکخستنی سیاسی و پێشمەرگەیی و دانانی پلان و سیاسەتی گشتیی یەکێتی و دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو بڵاوکراوەی ناوەندی، ئەویش تا کاتی بەستنی کۆنگرە یان کۆبونەوەی فراوانی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی یەکێتی.

ت-کۆنگرە: دەستەی دامەزرێنەر لە نزیکترین کاتدا کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ڕێك دەخات لە نوێنەرانی هەموو ڕێکخراوەکانی یەکێتی.

شەشەم-دارایی:

دارایی یەکێتی پێکدێ لە:

أ-ئەندامانە:

ب-یارمەتی و پیتاك و باربوی دۆست و لایەنگرو ئەندامان.

پ-فرۆشتنی چاپکراوەکان.

ت-ئەو پرۆژانەی دایاندەنێ.

ج-دەستکەوت لەدوژمن.

چ-یارمەتیی دۆست و هاوپەیمانەکانی یەکێتی.

تێبینی:

١-پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ لەکۆبونەوەیەکی دەستەی دامەزرێنەردا لە دیمەشق کە عومەر شێخموسی لێ دەرچێ هەموو ئەندامەکان بەشدار بوون تێیدا، تاوتوێ و پەسەند کراوە.

٢-نەوشیروان مستەفا پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆکەی نوسیوە.

٣-تاڵەبانی پێشەکییەکی بە زمانی عەرەبی بۆ پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ نوسیوە. نەوشیروان مستەفا وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بەڵام ئەو پێشەکییەی لێرە دانراوە، دەقە وەرگێڕدراوەکەی نەوشیروان مستەفا نیە، بەڵکو سەر لەنوێ کراوەتەوە بە کوردی.

٤-دکتۆر فوئاد مەعسوم دەقی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆکەی لە کوردییەوە کردووە بە عەرەبی.

# بەیروت (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق)



کۆنگرەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە بەیروتی پایتەختی لوبنان لە ماوەی ١١-١٣ی ئازاری ١٩٩١ کە ئامانجەکەی یەکخستنی ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوو پاش جەنگی دووەمی کەنداو.

فاکتەری سەرەکیی بەستنی کۆنگرەی بەیروت بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندیی بەو هێرشەوە هەیە کە عیراق لە ساڵی ١٩٩٠دا کردییە سەر کوێت و بووە مایەی هێنانە ئارای دۆخێکی گرژ لە ناوچەکەداو دروست کردنی مەترسی لەسەر ئاسایش و ئاشتیی جیهان. ناوەندە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لەو بڕوایەدا بون کە رژێمی عیراق بە سەلامەتی لەو قەیرانە دەرناچێ و عیراق رووەو گۆڕانێکی گەورە دەچێ. لە ناو دەوڵەتانی ناوچەکەدا، ئێران و سوریا لە هەموو دەوڵەتەکانی تر بەدەستوبردتر بون بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هەموو ئەگەرەکان، لەوانە ئەگەری گورز وەشاندن لە عیراق و روخاندنی رژێمی عیراق. لەم سەروبەندەدا ئێرانییەکان و سورییەکان، بە جیاو پێکەوە، کەوتنە جموجوڵ بۆ هاندانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بۆ لێك نزیکبونەوەو بەستنی کۆنگرەیەك بۆ یەکخستنی ریزەکانیان و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ نواندنی رۆڵێکی کاریگەرتر لە کاتی قەومانی هەر روداوێکی گەورەدا.

هەرچەند لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی تر زیاتر پەیوەندییان بە پرسەکەوە هەبوو، بەڵام لەبەر پەرتەوازەبونیان و بونی بۆچون و تێڕوانینی زۆر جیاواز لە نێوانیان، نەیانتوانی بەدەستوبرد بن لە یەکخستنی ریزەکانیان

و کەمکردنەوەی جیاوازییەکانیان. بۆیە پاش زیاتر لە چوار مانگ و نیو گفتوگۆو دانوستان ئینجا توانییان لەسەر پێکهێنانی چەترێکی کۆکەرەوە بە ناوی کۆمیتەی کاری هاوبەشەوە رێك بکەون. لە کۆبونەوەیەکدا کە لە ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩٩١ لە دیمەشق بەسترا، ١٧ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لە بەیاننامەیەکدا پێکهێنانی کۆمیتەکەیان راگەیاندو تێیدا جەختیان کردە سەر روخاندنی رژێمی عیراق و پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی کە لایەنە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان لە خۆ دەگرێ.

لە کورد شەش لایەن بەیاننامەکەیان واژۆ کردوە کە ئەمانەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی کوردستان. دواتر، سکرتاریەتێکی گشتی بۆ کۆمیتەی کاری هاوبەش لە پێنج ئەندام پێك هات کە ئەمانەن: مەهدی عوبێدی لەباتی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی سەر بە سوریا، جەلال تاڵەبانی لەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرەی کوردستانی، نوری مالیکی لەباتی حزبی دەعوەی ئیسلامی، فەخری کەریم لەباتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، باقر جەبر سولاغ ناسراو بە بەیان جەبر لەباتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق.

لەم سەروبەندەدا بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەیەك لە بەیروت هاتە ئاراوە. کۆمیتەی کاری هاوبەش ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆو دەستی بە ئامادەکاری کرد. هەوڵەکەی کۆمیتەی کاری هاوبەش بۆ بەستنی کۆنگرە، هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵەکانی سعودیە بۆ نواندنی رۆڵێك لە عیراقی پاش سەددام حسێن و ئەکتیڤ کردنی چالاکییەکانی بۆ سنوردارکردنی کاریگەریی هەر یەك لە ئێران و سوریا لەسەر ئایندەی عیراق. سعودییەکان لەم پرسەدا زۆر بەدەستوبرد بون و توانییان، لە کاتێکی پێوانەییدا، بە دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی عیراقی و کۆنە سیاسەتمەدارە خانەنشینە عیراقییەکانی تاراوگە لەوانە سەعد ساڵح جەبر، برایم داوود، حەسەن نەقیب، سەلاح عومەر عەلی، عەبدولغەنی راوی، باڵێکی سعودی لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بێننە ئاراوە. بەپێی رێککەوتنێك لە نێوان سعودیەو ئێران، بڕیار درا کۆمیتەی کاری هاوبەش بە وەرگرتنی دوو ئەندامی لایەنگری سعودیە، فراوان بکرێ و سکرتاریەتە گشتییەکەی لە پێنج ئەندامەوە ببێ بە حەوت.

لە ١١ی ئازاری ١٩٩١ دا کۆنگرەکە لە ئوتێلی لی بریستۆل لە شەقامی مەدام کۆری لە بەیروت بەستراو سێ رۆژی خایاند. کۆنگرەکە هاوکات بوو لەگەڵ راپەڕینی شیعە لە باشوری عیراق و راپەڕینی کورد لە کوردستان. هەر لەو رۆژەی کۆنگرەی تێدا بەسترا، هەولێر رزگار کراو ئامادەکاری بۆ رزگارکردنی دهۆك دەستی پێ کرد. بە هۆی ئەمەوە روداوەکانی راپەڕین رەنگدانەوەی قوڵیان لەسەر گفتوگۆکانی ناو کۆنگرە هەبوو.

بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە راپەڕینی ناوەوە نەبووە فاکتەرێکی هێز لە ناو کۆنگرە. لە راستیدا سوننەکان بە گشتی و لایەنگرانی سعودیە بەتایبەتی، لە ئەنجامی سەرکەوتنی راپەڕین نیگەران بون. بایکۆت کردنی راپەڕین لە ناو وڵات لە لایەن سوننەوە، راپەڕینەکەی وەك هەڵچونێکی شیعی-کوردی پیشان دابوو. سوننەکان لە لایەك لە ئەنگێزە تایفەگەرییەکانی شیعە نیگەران بون و لە لایەکی ترەوە لە ئەنگێزە نەتەوەییە جیاخوازییەکانی کورد. لە پەراوێزی کۆبونەوەکانی کۆنگرەدا، سوننەکان ئەوەیان دوپات دەکردەوە کە لە راپەڕینی شیعەکاندا دروشمی تایفەگەری بەرز کراوەتەوەو لە راپەڕینی کورددا ئاڵای

عیراق داگیراوە. لەو سۆنگەیەوە کۆنگرە نەیتوانی هەلی راپەڕینی ناوخۆ بقۆزێتەوەو بە قازانجی ئامانجەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەکاری بهێنێ. هەرچەند کۆنگرە لە دیکۆمێنتە فەرمییەکانیدا پشتیوانیی لە راپەڕین کرد، بەڵام بە کردەوە هیچ هەنگاوێکی بۆ سەرخستنی نەنا، هەوڵی پەرەپێدان و فراوان کردنی نەداو هیچ پلانێکی رونی بۆ میکانیزمەکانی پەلهاوێشتنی راپەڕین بۆ ناوچە سوننە نشینەکان نەبوو. لەم مەسەلەیەدا سوننەکانی ناو کۆنگرە زۆرتر لە ژێر کاریگەریی سعودیەدا بون کە ئەگەری هاتنە سەر کاری رژێمێکی شیعی لە بەغدا توشی شۆك و دڵەڕاوکێی کردبوو.

لە کۆنگرەدا پێشنیاری کردنی کۆنگرە بە ئەنجومەنێکی نیشتمانی بۆ ئەوەی رۆڵی پەرلەمانی تاراوگە بگێڕێ هاتە بەر باس. بەڵام پێشنیارەکە رەت کرایەوە. هەروەها گروپەکانی سەر بە ئێران پێشنیاری پێکهێنانی حکومەتێکی کاتییان لە تاراوگە کرد کە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکانی تێدا بێ و بکەوێتە گەڕ بۆ بەدەست هێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی، بەڵام گروپە لیبرال و چەپەکان دژی پێشنیارەکە وەستانەوە. لە لایەکی ترەوە، تاڵەبانی داوای پێکهێنانی حکومەتێکی کاتیی لە ناو وڵات کرد نەك لە دەرەوە.

کۆنگرە بڕیاری گرنگی لێ نەکەوتەوە. هیچ تێڕوانینێکی رونیشی بۆ عیراقی ئاینده پێ گەڵاڵە نەکرا، هەروەك نەشیتوانی بەرەیەکی نیشتمانی پێك بهێنێ. بە کردەوە، دەرکەوت کۆنگرەکە ئامادەکاریی باشی بۆ نەکراوە. لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا، گفتوگۆکانی ناو کۆنگرە زۆر کرچ و کاڵ بون و لە ئاستی داواکراوو ئاڵۆزیی قەیرانی عیراقدا نەبون. سەبارەت بە مەسەلەی کوردیش، کۆنگرە نۆڕینێکی تازەی پێ نەبوو و هەر لە دەوروخولی کلێشە کۆنەکانی تایبەت بە ئۆتۆنۆمی سوڕایەوەو بە هیچ شێوەیەك نەچوە سەر باسکردنی مافی چارەی خۆنوسین یان فیدرالیزم، بەڵام بڕیاریدا کۆمیسیۆنێك بۆ بەدواداچونی مەسەلەی کورد پێك بهێنرێ.

سەبارەت بە شێوەی دەنگدان لەسەر بابەتە تاوتوێکراوەکان، کۆنگرە پەیڕەویی لە سیستمی زۆرینەو کەمینە نەکرد، بەڵکو بڕیارەکانی بە سازانی هەموو لایەنەکان دەرچواند.

کۆنگرە چەند راسپاردەیەکی دەرکرد لەوانە کارکردن بۆ سڕکردنی ئەندامێتیی عیراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبییەکان، جوڵانەوەی بێلایەن و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی بەو بیانووەی کە عیراق پەیماننامە و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێشێل کردووە. هەروەها کۆنگرە رێنوێنیی کرد سندوقێك بۆ پشتگیری کردنی راپەڕین دابمەزرێنرێ و داواشی لە رێکخراوی نێودەوڵەتیی خاچی سور کرد لیژنەیەك بۆ پشتگیری کردنی گەلی عیراق پێك بهێنێ. بەڵام بە کردەوە هیچ کام لە راسپاردەکان جێی خۆی نەگرت.

کۆنگرە بڕیاری پێکهێنانی هەشت کۆمیسیۆنی دا کە ئەمانەن: کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوە، کۆمیسیۆنی بەڕێوەبردن، کۆمیسیۆنی بەدواداچونی مەسەلەی کورد، کۆمیسیۆنی راگەیاندن، کۆمیسیۆنی یاسایی، کۆمیسیۆنی عەسکەری، کۆمیسیۆنی سیاسی و کۆمیسیۆنی دارایی.

بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرە بە شێوەیەکی گشتی شتێکی تازەی تێدا نەبوو، تێیدا سەرزەنشتی سیاسەتی رژێمی عیراق کرا لە کوردستان، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد شەرمەزار کرا، رژێم بە راگواستن و کۆچ پێ کردنی دانیشتوان تاوانبار کرا، هەروەك بەوەش تاوانبار کرا کە لە ساڵی ١٩٨٠ دا دەستپێشخەر بووە لە هەڵگیرساندنی جەنگ لە دژی ئێران و لە

ساڵی ١٩٩٠دا دەستدرێژیی کردۆتە سەر کوێت.
نوێنەرانی کورد لە کۆنگرەکەدا چوار نوێنەر بون کە هەمویان ئەندامی بەرەی کوردستانی بون و ئەمانەن: تاڵەبانی لەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سامی عەبدولڕەحمان لەباتی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، ڕەسول مامەند لەباتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و عیززەددین بەرواری لەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان. بەشداربوانی کۆنگرە لەسەر بەستنی کۆنگرەیەکی تر گیرسانەوە بەو مەرجەی کە بە شێوەیەکی چاکتر ئامادەسازیی بۆ بکرێ و بە چەشنێکی قوڵتر لە بابەتەکان بکۆڵێتەوە.
هێزە ڕۆژئاواییەکان هیچ ڕۆڵێکیان لە کۆنگرەکەدا نەبوو و کەمترین کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی و لەسەر گروپە بەشدارەکان هەبوو.
پاش کۆنگرە، کۆمیتەی کاری هاوبەش لیژنەیەکی ئامادەکاری بۆ کارکردن بۆ بەستنی خولی دووەمی کۆنگرەی بەیروت، لە ١٤ لایەن پێکهێنا کە یەکێکیان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. لیژنەکە زوو کەوتە گەڕو توانی لە ماوەی ١٦-١٩ی حوزەیرانی ١٩٩٢ دا کۆنگرەیەکی سەرکەوتوتر لە ڤیەننا ببەستێ.
بابەتی پەیوەندیدار:
*ڤیەننا (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق).

## بێتواتە (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی بێتواتە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣. حکومەتی عیراق ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکەی چەکدار کردبوو بۆ ئەوەی لە دژی هێزی پێشمەرگە بەکاریان بێنێ. لە١٢ی تشرینی یەکەمدا جاشەکان هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر دۆڵی بالیسانو لوتکە بەرزەکانی پشتی هەرتەل و زێوە. لەم هێرشەدا هێزی پیادەی سوپای عیراق هیچ بەشدارییەکی نەکرد بەڵام هێرشەکە بە پاڵپشتی تۆپخانەو زرێپۆش و هەلیکۆپتەری جەنگی ئەنجام درا. هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە هەم ژمارەی کەم بوو هەم هیچ ئامادەکارییەکی بۆ بەرپەرچدانەوەی هیچ هێرشێکی بەربڵاو نەکردبوو. بۆیە لە ڕۆژی یەکەمی هێرشەکەدا، جاشەکان بە ئاسانی ئەو شوێنانەیان گرت کەمەبەستیان بوو بیگرن.
لەم سەروبەندەدا ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان داوای لە تیپەکانی پێشمەرگە کرد بەپەلە بگەنە سنوری مەڵبەندی چوار. لە ١٤ی تشرینی یەکەمدا هێزێکی گەورەی جاشەکان لەدرێژەی پەلاماردانەکاندا هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەگوندی مێرگەسورو هێزی پێشمەرگەیان ناچاری پاشەکشە کرد. لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا جاشەکان هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر چیای نوسەك لە نێوان چیوەو سەردۆڵو گرتیان. ئەم شوێنە لە لایەن تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی دانا ئەحمەد مەجیدو تیپی ٩٩ی بیتوێن بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا مام عەلی پارێزگاریی لێ دەکرا.
بەگرتنی نوسەك گوندەکانی سوێرە، چیوەی سەروو، چیوەی خواروو، نێوەو سەردۆڵ کەوتنە ژێر دەسەڵاتی جاشەکانەوە. پاش گرتنی نوسەك، جاشەکان هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر لوتکەی مۆتەو پاش شەڕێکی دە سەعاتی گرتیان. ئەم لوتکەیە لە لایەن تیپی ٨٥ی بەڕانەتییەوە پارێزگاریی لێ دەکرا.
لەبەرەی هەورێ کە شەوکەت حاجی موشیر سەرپەرشتیی دەکرد، هێزی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر گوندی نێوەو لەبن دەستی جاشەکانی دەرهێنا. لە شەڕەکەدا شەش جاش کوژران.
لە بەرەی هەرتەل- زێوە- بەرۆژە کە سەید کەریم هاودیانی سەرپەرشتیی دەکرد، جاشەکان ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا. لە بەرەی ماکۆك کە

حەسەن کوێستانی سەرپەرشتیی دەکرد، بەرپەرچی هێرشەکانی دوژمن درایەوە. لەم بەرەیەدا جاشەکان ژمارەیەکی زۆر کوژراوو برینداریان هەبوو.

لەو ماوەیەدا مەڵبەندی سێ هێزەکانی کۆکردەوەو چەند هێزێکی تر لەتیپەکانەوە، لەوانە کەرتی ٤ی جەباری بە فەرمانداری مامە ریشە، گەیشتنە شوێنی شەڕەکەو بەم هۆیەوە وردە وردە باڵانسی شەڕەکە گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هات. لە٢٠ی تشرینی یەکەمدا هێزی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر لوتکەی کڵاوەی دێوانە کە دەڕوانێتە سەر بێتواتەو پاش شەڕێکی سەخت دەستی بەسەردا گرت. دوا بەدوای گرتنی لوتکەی کڵاوەی دێوانە، لە ٢١ی تشرینی یەکەمدا هێزی پێشمەرگە لەچەند قۆڵێکەوە هێرشێکی بەربڵاوی کرد، هەموو شوێنە لەدەستدراوەکانی گرتەوەو دەستی بەسەر بێتواتەو گوندەکانی بێکێل و دواوەو ئەندیك و ئەنگۆزو شکارتەدا گرت. جاشەکان بەرەو سەروچاوەو رانیەو چوارقوڕنە پاشەکشەیان کرد.

شەو هێزەکانی عیراق زۆر بەخەستی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان تۆپباران کردو هەر ئەو شەوە هێزێکی جاشەکان سەری قۆپی کڵاوی دێوانەی گرت چونکە هێشتا هێزی پێشمەرگەی لێ جێگیر نەکرابوو. لەبەر گرنگیی ستراتیجیی شوێنەکە، بێتواتە کەوتە مەترسییەوەو زۆری نەبرد جاشەکان دەستیان بەسەردا گرت.

لە٢٢ی تشرینی یەکەمدا هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود هێرشی کردە سەر کڵاوەی دێوانەو لوتکەکەی گرتەوە. هاوکات هێزێکی هاوبەشی تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی دانا ئەحمەد مەجیدو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی جەعفەر شێخ مستەفا هێرشی کردە سەر بێتواتەو دەستی بەسەردا گرتەوە. ئۆپەراسیۆنەکە بۆ هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی گەورە بوو. بەکردەوە، گەورەترین دووەم سەرکەوتن بوو پاش شەڕی ساڵی ١٩٧٨ی شێنێ بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە لە شەڕی شێنێ هێزی پێشمەرگە لە دۆخی بەرگریدا بوو و زۆرتر فاکتەری ئاووهەوا رۆڵی لە سەرکەوتنەکەدا هەبوو، لە کاتێکدا لە ئۆپەراسیۆنی بێتواتەدا ئامانجی شەڕەکە گرتنی زەوی بوو نەك بەرپەرچدانەوەی هێرش.

لە مێژووی پێشمەرگایەتیدا ئۆپەراسیۆنی بێتواتە بایەخێکی تایبەتی هەیە چونکە یەکەم جار بوو پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، پێشمەرگە دەست بەسەر یەکەیەکی ئیداریدا بگرێ و گورزێکی کاریگەر لەهێزەکانی دوژمن بدا.

ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی تاڵەبانی بەڕێوە چوو. تاڵەبانی لە دۆڵەڕەقەوە سەرپەرشتیی شەڕەکەی دەکرد. بونی لەو کاتەدا لەوێ، رۆڵێکی دیاری لەبەدی هێنانی سەرکەوتندا هەبوو. بەپێی سەرچاوەکان، هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر نزیکەی ١٦٣٠ پارچە چەك و بڕێکی زۆر تەقەمەنیدا گرت.

سەرەڕای سەرکەوتنە گەورەکەی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی بێتواتە، کەموکوڕییەکی گەورەی هێزی پێشمەرگە لە شەڕەکەدا دەرکەوت، ئەویش داشکاندن بوو بە لای تاڵاندا. دەست گرتن بەسەر قەڵەمڕەوێکی فراوانی وەك بێتواتەو دەوروبەریدا، دەرفەتێکی زۆری بۆ پەیدابونی دیاردەی تاڵان کردنی ماڵە جاشەکان پێك هێنا. تاڵەبانی دوو جار بەگژ دیاردەی تاڵاندا چۆوە. جارێك لە٢٥ی تشرینی دووەمدا، لەکۆبونەوەیەکدا لەگوندی بالیسان لەگەڵ کادیرە سیاسی و پێشمەرگەییەکاندا کە تێیدا دیاردەکەی ریسوا کردو داوای کرد هێزی پێشمەرگە لەم کارە دورکەوێتەوەو جاری دووەم لە وتارێکیدا لەمێرگەپان لە کاتی بەسترانی کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی

ڕەنجدەرانی کوردستاندا کە تێیدا ڕوداوی تاڵانییەکەی بێتواتەی سەرزەنشت کردەوەو جەختی کردەوە سەر پرنسیپە شۆڕشگێڕییەکان.

تیپە بەشدارەکانی ئۆپەراسیۆنی بێتواتە: تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر، تیپی ٩٣ ی کۆیە، تیپی ٩٩ ی بیتوێن، تیپی ٥٧ ی سەگرمە، تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، تیپی ٩١ ی سەفین و هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی سێ.

## بیتوێن (تیپ)

تیپی ٩٩ی بیتوێن. ساڵی ١٩٨٢ پێك هێنراوەو سەر بە مەڵبەندی ٣ بووە. لە سنوری قوەتی کۆسرەت پێك هێنراوەو لە سەرەتای دامەزرانیدا ژمارەی پێشمەرگەکانی ٦٠ پێشمەرگە بووە کە هەمویان سەر بە قوەتی کۆسرەت بون. سنوری تیپەکە زۆرتر ناوچەی ڕانیەو خدرانی گرتۆتەوە.

تیپەکە حەوت فەرماندەی بە خۆیەوە دیوە. یەکەم فەرماندەی غەریب عەسکەرییە کە بناغەی تیپەکەی داناوەو هێزەکانی ڕێکخستووە. لە ساڵی ١٩٨٣دا پاش شەهیدبونی نازم حەمەی سلێمان فەرماندەی تیپی ٢٣ ی سورداش لە شەڕەکانی قەندیل، عەسکەری بۆ تیپی ٢٣ی سورداش گوێزرایەوەو عەبدوڵڵا مام عەلی فەرماندەیی تیپی ٩٩ی بیتوێنی پێ سپێردرا. ساڵی دواتر حەمە زیاد غەریب ناسراو بە مەلا ئاراس، جێگری فەرماندەی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر، وەك سێیەم فەرماندەی تیپی ٩٩ ی بیتوێن فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٥ حەمە زیاد غەریب کرایە فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوك و حەسەن عەبدوڵڵا مەحمود لە تیپی ٨٣ی هەورێوە گوێزرایەوە بۆ بیتوێن و کرایە چوارەم فەرماندەی تیپەکە. هەر ئەو ساڵە حەسەن عەبدوڵڵا مەحمود لە شەڕێکدا شەهید بوو و ئازاد حەمە گەمحان لە تیپی ٩٣ ی کۆیەوە بۆ بیتوێن گوێزرایەوەو وەك پێنجەم فەرماندەی تیپی ٩٩ی بیتوێن دەستبەکار بوو. ساڵی ١٩٨٦ لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی فەرماندەی تیپەکاندا عەلی وەیس لە تیپی ٤٣ی ئاسۆسەوە گوێزرایەوەو کرایە شەشەم فەرماندەی تیپەکەو تا ساڵی ١٩٨٧ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٨٧ دا پاش گواستنەوەی عەلی وەیس بۆ تیپی ٨٣ ی هەورێ، داوا لە قادر خەبات کرا بە شێوەیەکی کاتی سەرپەرشتیی تیپەکە بکا تا ئەو کاتەی فەرماندەی بۆ دادەندرێ. دواتر قادر خەبات کرایە ئەندامی دەزگای پێشمەرگایەتی و تۆفیق مەغدید حسێن ناسراو بە تۆفیق کانی وەتمانی فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ.

تیپەکە لە کاتی جیا جیادا چەند جێگرێکی فەرماندەی هەبوە لەوانە ڕزگار هاودیانی، حەسەن عەبدوڵڵا مەحمود، تۆفیق مەغدید حسێن و کەمال حاجی خدر لەوانە هەندێکیان بون بە فەرماندەی تیپ. هەروەها ژمارەیەك فەرماندەی کەرتی هەبووە لەوانە ئەنوەر بۆڵی، هەمزە خدر تەنگژەیی، ئەحمەد قەسرۆکی، شەهریار ساڵح موفتی، حەسەن ئەڵڵا ڕەش، خەسرەو مام قادر.

تیپەکە یەکێ لە تیپە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە بووەو لە زۆر چالاکی و ئۆپەراسیۆنی گەورەدا بەشدار بووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە (١٩٨٣)، ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج (١٩٨٥) و شەڕی گۆڕی شەرکان (١٩٨٧) و ئۆپەراسیۆنەکانی دۆڵی جافەتی لە ساڵی ١٩٨٨ کە تێیدا تیپەکە سێ شەهیدی هەبوە.

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، تیپی ٩٩ ی بیتوێن بارەگای لە گوندی قوڵە هەرمێی ناوچەی مەنگوڕایەتی دانا. لەو ماوەیەدا کادیرە عەسکەرییەکانی، لەگەڵ مەفرەزە

هاوبەشەکاندا، بە شێوەی پارتیزانی لە ناوچە سوتماک کراوو چۆڵکراوەکان بەردەوام بون لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان و هەندێ لە کادیرەکانی تیپەکە لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەشدار بون لە خولی فەرماندەیی تاران کە قەرارگای رەمەزانی سوپای پاسدارانی ئێران بەپێی رێککەوتنێك لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاران بۆ کادیرە عەسکەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی رێکخستبوو.

## بیران (شەڕ)


شەڕێکە لە نێوان هێزی پشتگیریی گوندی بیرانی ناوچەی سورداش و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە ساڵی ١٩٨٧دا. هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش لە١٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ لە سەربازگەی سوسێوە هێرشی کردە سەر گوندی بیران لە ناوچەی سورداش بە مەبەستی وێرانکردن و سوتاندنی گوندەکە. هێرشەکە بەتۆپباران کردنی گوندەکە دەستی پێ کرد.

هێزی پشتگیریی گوندەکە بەرپەرچی هێزە پەلاماردەرەکەی دایەوەو نەیهێشت بگاتە ناو گوند. لە درێژەی شەڕەکەدا، هێزی پشتگیریی گوندەکانی دەوروبەر فریای هێزی پشتگیریی گوندی بیران کەوتن و بەشدارییەکی کارایان لەبەرپەرچدانەوەی هێزە پەلاماردەرەکەدا کرد. تا سەعات ٧ی ئێوارە، هەموو هێرشەکان تێك شکێنران. لەسەعات ٧ بەدواوە، پاش بێئومێدبون لە بەدی هێنانی ئامانجی داواکراو، هێزەکانی عیراق کەوتنە کشانەوە بۆ سەربازگەی سوسێ. لەم شەڕەدا یەك تانك و یەك ئیڤاو یەك شۆفڵ تێك شکێنران.

بایەخی شەڕەکە لەوە دایە کە هێزی پشتگیری لە بەرپەرچدانەوەی هێرشە یەك لە دوای یەکەکاندا رۆڵی سەرەکیی تێدا گێڕاوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە دانیشتوانی گوندەکان ئەزمونێکی کەڵکەبویان لە شەڕدا پەیدا کردبوو بەرادەیەك کە لەهەلومەرجی دیاریکراودا توانیویانە رۆڵێکی سەرەکی لە پاراستنی گوندەکانیان بگێڕن.

لەم شەڕەدا تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی دوو رۆڵێکی دیاری لەپەرەوازکردنی هێزە پەلاماردەرەکەدا هەبوو. لە کۆتایی شەڕەکەشدا دەستەیەك لەپێشمەرگەکانی هەردوو تیپی ٢٣ی سورداش و ٣٧ی خەنجەرە بە هانای هێزی پشتگیرییەوە چون و توانییان رۆڵی خۆیان ببینن.

## بیرو هۆشیاری (گۆڤار)




وەرزنامەیەکی فیکری- تیۆرییە، مەکتەبی بیرو هۆشیاری دەری کردووە. پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە یەك لە شوباتی ٢٠٠٢و ژمارە پێنج لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣.

خاوەنی ئیمتیازەکەی مەکتەبی بیرو هۆشیارییە، سەرنوسەرەکەی عیماد ئەحمەد ەو لە ژمارە ٣وە بەڕێوەبەری نوسینی زاهیر شوکرە.

دەستەی نوسەران لە ژمارە ١دا لە دکتۆر دلێر ئەحمەد حەمەد، فازڵ کەریم ئەحمەد، فەرید ئەسەسەرد و شەماڵ عەبدولوەفا پێك هاتووە. لە ژمارە ٢دا دکتۆر ئاراس حسێن و یوسف گۆران چوونەتە پاڵ دەستەی نوسەران. لە ژمارە ٣دا زاهیر شوکر بۆ دەستەی نوسەران زیاد کراوە. لە ژمارە ٤وە زاهیر شوکر کراوەتە بەڕێوەبەری نوسین و دەستەی نوسەران لە دکتۆر ئاراس حسێن، دکتۆر دلێر ئەحمەد، شیلان ئەحمەد، ڤیان مەجید فەرەج و فەیسەڵ عەلی خورشید پێك هاتووە.

لە سەروتاری ژمارە ١دا لەبارەی گۆڤارەکەوە وتراوە «گۆڤاری بیرو هۆشیاری گۆڤارێکی فیکری و تیۆرییەو هەوڵ دەدات دەرگایەکی تر بەسەر ڕەوتە فیکری و تیۆرییە تازەکانی جیهان بۆ کادیران و سەرجەم ڕۆشنبیرانی کوردستان فەراهەم بکات. ئەم گۆڤارە بە هیوایە کە بتوانێ خوێنەرانی خۆی بە دیاردە فیکرییە نوێیەکانی جیهان بناسێنێ و ببێتە پردێکی بەسوود لە نێوان کادیران و ڕۆشنبیرانی ناوەوەو دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەك و ئەو گۆڕانکاری و دیاردە فیکری و ڕۆشنبیرییانەی کە لە جیهان روو دەدەن لەلایەکی ترەوە».

ستافی هونەریی گۆڤارەکە بەمجۆرە بووە:

مۆنتێر: شۆڕش ئەحمەد، هەڵەبڕەکان: عوسمان ئەنوەر، عیرفان ئەحمەد، پیتچنین: تایەر شوکر، تەها حەمە ئەمین، عومەر شێخ عەبدوڵڵا، ڕۆژگار مەعروف، سازان عومەر، هێمن نورەددین، ئەمیرە عومەر.

قەبارەی نیو فولسکابە. ژمارەکانی ١و ٢و ٣ لە چاپخانەو ئۆفسێتی بیرو هۆشیاری چاپ کراون و ژمارەکانی ٤و ٥ لە چاپخانەی رون لە سلێمانی. تیراژی لە نێوان ٧٠٠- ١٠٠٠ دانە بووە، ژمارەی لاپەڕەکانی بەپێی ریزبەندیی ژمارەکانی، بەمجۆرەیە: ٢٤٤، ٢٩٤، ٢٢٠، ٢٣٢، ٢٠٤.

ئەوانەی نوسینیان تێدا بڵاو کردۆتەوە ئەمانەن: عیماد ئەحمەد، فازڵ کەریم ئەحمەد، دکتۆر دلێر ئەحمەد حەمەد، یوسف گۆران، شێرکۆ کرمانج، کەمال ڕەشید شەریف، یاسین قادر سەعید، دانا عەبدولکەریم، بەختیار ئەحمەد، جەمال حسێن، ئارام جەمال، بەکر سدیق، ساکار ئیسماعیل، ڤیان مەجید، دیلمان محەمەد، دکتۆر ئاراس حسێن، شاهۆ سەعید، فەیسەڵ عەلی خورشید، موعتەسەم نەجمەددین، زاهیر شوکر، دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی، مەجید ساڵح، نەریمان کەرکوکی، بێستون سابوراوایی، دلێر عەباس، عەلی کوردستانی، فەرەیدون پێنجوێنی، حەسەن یاسین، دکتۆر محەمەد ڕەئوف، شیلان ئەحمەد، ڤیان مەجید فەرەج، سەمەد ئەحمەد، کارزان محەمەد، هەڵکەوت عەبدوڵڵا، زرار عەبدوڵڵا مستەفا، فەرمان عەبدولڕەحمان.

## بێستون بارۆیی*



فەرماندەی کەرت. ناوی تەواوی خالید محەمەد ئەمین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی بارۆیی. ساڵی ١٩٧٧ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٨٠ کراوەتە فەرماندەی کەرتی ٤ی جەباری. بەشداریی چەندین شەڕو نەبەردی گەورەی لە ناوچەکەدا کردووە.

لە ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ هێزەکەی لە چیای شۆراوەی ناوچەی هەمەوەند لە لایەن

هێزێکی گەورەی جاش و کۆماندۆوە پەلامار دراو لە بەرەبەیانەوە تا ئێوارە رووبەڕووی شەڕێکی سەخت بۆوە. خۆڕاگریی هێزەکە دوژمنی ناچار کرد هەلیکۆپتەری جەنگی بنێرێتە سەر هێزەکە. لەو هێزەی پێشمەرگە کە ژمارەی ٤٤ پێشمەرگە بوو، ١٥ پێشمەرگە شەهید بوون لەوانە فەرماندەی کەرتەکە بێستون بارۆیی و پێشمەرگەیەکیش بە دیلی کەوتە دەست جاشەکان و دواتر لە بەندیخانەی موسڵ لەسێدارە درا.

پاش ٣١ ساڵ لە شەهیدبوونی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە لە شەڕی شۆراوە، مەڵبەندی ١٢ی ڕێکخستنی چەمچەماڵ لە ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١١ مەراسیمێکی شایستەی بەم بۆنەیەوە لە هۆڵی شاکر فەتاح لە چەمچەماڵ ساز کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

* شۆراوە (شەڕ).

## بێستون رەسول حەمەسور*



کادیری عەسکەری. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٩ی گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٦ چۆتە ریزی پێشمەرگایەتیو لە تیپی ٢٣ی سورداش بۆتە پێشمەرگە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی تیپەکەیو شەڕەکانی ناوچەی سورداشو داستانی رزگاریی کردووە. جارێکیش بە سەختی بریندار بووە.

ساڵی ١٩٨٨ بۆ دەزگای پێشمەرگایەتی گوازراوەتەوەو لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بوو لە رزگارکردنی سلێمانیو قەرەهەنجیرو کەرکوك. دوای ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی کەرت و پاشان کرایە رابەری سیاسیی تیپ لە بەتالیۆنی سەرچنار. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە خولی مەشق و راهێنانی مەڵبەندی مەشقی ژمارە یەك لە قەڵاچوالان. دوای خولەکە کرایە فەرماندەی تیپی تایبەتی ٢١١و دواتریش بووە رابەری سیاسیی بەتالیۆنی قەمچوغە.

لە١ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ لە کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان وەرگیرا و خوێندنی بە سەرکەوتویی لەو کۆلیجە تەواو کردو بووە ئەفسەر. پاشان بۆ لیوای پاراستنی سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نێردراو کرایە فەرماندەی فەسیل و دواتر کرایە فەرماندەی سریەی بارەگای لیوای سکرتاریەت.

لە شەڕی ناوخۆدا لەشەوی ٢٦ لەسەر ٢٧ی ئازاری ساڵی ١٩٩٥ لە ئۆردوگای شاوەیس لە باکوری شاری هەولێر لە روبەڕوبونەوەیەکدا بە سەختی بریندار بوو، پاشان لە ٢٨ی ئەو مانگەدا شەهید بوو.

## بێستون سابوراوەیی



کادیرو پێشمەرگەی دێرین و رۆژنامەنوس. ناوی تەواوی بێستون عەبدولڕەحمان کاکە حەمەی شێخ مەلا ئەحمەدی گەڵنێری. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی گەڵنێری بناری چیای کۆسرەت لە قەزای دوکان.

ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ تەواوبونی بەنداوی دوکاندا، بەشێکی گوندەکانی ئەو سنورە، لەوانە گەڵنێر، ژێر ئاوی دەریاچەکە کەوتن و دانیشتوانەکەیان بۆ شوێنی تر ڕاگوێزران. بەم هۆیەوە بنەماڵەکەی لەگوندی سابوراوا گیرسایەوە. بەڵام پاش دوو ساڵ، باوکی لەسەر ئەوە سور بوو کە سابوراوا بەجێ بێڵن‌و بچن لە بەکرەجۆ، لە لای کەسوکاریان. نیشتەجێ بن.

سابوراوەیی لە بەکرەجۆ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردو بۆ خوێندنی ناوەندی روی لە سلێمانی کرد. ساڵی ١٩٧٢ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا پەیوەندیی بەڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٣ لە ئامادەیی بازرگانیی سلێمانی وەرگیرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لەگەڵ خوێندکارانی خوێندنگەکەی سلێمانیی بەجێ هێشت و چووە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق. لەپێنجوێن لەئۆردوگای ئاوارەکانی لەیلا قاسم ساڵی یەکەمی ئامادەیی بازرگانیی تەواو کرد. هەر ئەو ساڵە، پاش تەواوکردنی ساڵی یەکەمی خوێندنی، لە هێزی خەبات لە سنوری ناوچەی پێنجوێن بوو بە پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی‌و دەستی بە خوێندن کردەوە. ئەو ساڵەی پێشمەرگایەتیی‌و هەرەس هێنانە کتوپڕە چاوەڕواننەکراوەکەی شۆڕش کاریگەریی زۆریان لەسەر هۆشیاریی نیشتمانیی بەجێ هێشت و هەستی کوردپەروەرانەیان تۆکمەتر کرد، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٦دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ژیانی سیاسیی لەهەلومەرجێکی سەختدا دەست پێکرد.

ساڵی ١٩٧٧ لە بەشی ژمێریاریی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی وەرگیرا. لەو ماوەیەدا جموجوڵێکی ڕێکخراوەیی خەستی نواند، چەندەها ئەندامی تازەی




بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە پەیمانگاکە ڕێکخست و رۆڵێکی دیاری لە پەرەپێدانی ڕێکخستنەکانی بەکرەجۆو دوکاندا گێڕا.

ساڵی ١٩٧٩ خوێندنی پەیمانگای تەواو کردو ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەدۆڵی جافەتی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. هەر ئەو ساڵە لە هەرێمی ٤ کە جەمال عەلی باپیر فەرماندەی بوو، کرایە رابەری سیاسیی کەرتی ٤ی مەرگە کە فەرماندەکەی ئەحمەد مەمەنداوایی بوو.

ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان و لە چیای جاوڕایەڵ‌و سەری گۆمی‌و چەند شوێنێکی تر کە دەڕواننە سەر ڕێگای خانە-سەردەشت ئەرکەکانی خۆی بەجێ هێنا. هەر ئەو ساڵە لە چوارچێوەی بەرنامەی پێکهێنانی کەرتەکانی

ڕێکخستندا، کرایە ئەندامی پۆلی سورداش کە غەریب هەڵەدنی لێپرسراوی بوو.

ساڵی ١٩٨٦ بووە رابەری سیاسیی تیپی ٢٣ی سورداش و بۆ ساڵی دواتر کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ. ساڵی ١٩٨٨، دوا بەدوای دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکانو چڕبونی جەنگی کیمیایی لە دژی کورد، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە سەر سنور. لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٨ بەشدارییەکی کاریگەری لە چەندین شەڕو ئۆپەراسیۆندا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج(١٩٨٥)و قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧)و تەقتەق (١٩٨٧)و لەم سەروبەندەدا دوو جار بریندار بووە، جاری یەکەم لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی تەقتەق لە ساڵی ١٩٨٧و ئەویتر لە کاتی تۆپبارانی کیمیایی گوندی زێوێ کە بارەگای تیپی ٢٣ی سورداشی لێ بوو.

لە ئازاری ١٩٩٠ لەگەڵ مەفرەزەیەکی پارتیزان بە فەرماندەیی غەریب هەڵەدنی دابەزییە دۆڵی جافەتیو ماوەیەك لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی سلێمانیدا دروست کردو هەماهەنگیی لە بواری کاری ڕێکخراوەییدا لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا هێنایە ئاراوە. مانگی حوزەیرانیش لەگەڵ مەفرەزەیەکی تری پارتیزاندا گەڕایەوە بۆ دۆڵی جافەتیو ئەو ئەرکانەی جێبەجێ کرد کەپێی سپێردرا بون. مانگی دواتر، لەکۆبونەوەیەك کە لە قاسمە رەش بەسترا، کرایە ئەندامی کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت و لێپرسراوەتیی بەشی سیاسیو زانیاریی پێ سپێردرا. ئەرکی کۆمیتەکە سەرپەرشتی کردنی دەستە پارتیزانەکانی ناوچە سوتماکەکان بوو.

لە شوباتی ١٩٩١دا، لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکاندا بۆ بەرپاکردنی راپەرین، رەوانەی دەوروبەری شارو شارۆچکەو ئۆردوگا زۆرەملێکان کرا بۆ پەیوەندی کردن بە چەکدارەکانی رژێم و هاندانیان بۆ پشتگیری کردنی راپەرین. لە سۆنگەی هەوڵو تەقەللاکانییەوە، زەمینەیەکی لەبار بۆ راپەڕین لە پیرەمەگرون و دوکان ساز کرا. هەر لەم سەروبەندەشدا بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی کەرکوك. لە نیساندا کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ١٥ی سەرچنار.

ساڵی ١٩٩٢ کرایە جێگری فەرماندەی هێزی ٥ی سلێمانی کە جەمال محەمەد فەرماندەی بوو. پاش پێکهێنانی مەڵبەندی پێشمەرگە لەو ساڵە، بووە ئەندامی مەڵبەندو لێپرسراوی بەشی راگەیاندن و روناکبیری. لەکانونی یەکەمدا بووە بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخستن و ڕێبەرە سیاسییەکان لەمەکتەبی عەسکەری. هەر ئەو ساڵە لەپاڵ ئەوەی کەجێگری لێپرسراوی کۆمیتەی باڵای عەسکەریی سلێمانی بوو، وەك ئەندامی دەستەی نوسەران، لەگۆڤاری «ڕێبازی نوێ» کاری کرد. لەتەموزی ١٩٩٣دا بووە جێگری لێپرسراوی کۆمیتەی باڵای عەسکەریی کەرکوك کە بارەگاکەی لەدەربەندیخان بوو و لێپرسراوەکەی کەمال شاکر بوو. دواتر، بە هەمان پلە بۆ سلێمانی گوێزرایەوە.

ساڵی ١٩٩٥ بووە لێپرسراوی ڕێکخستن لە دەستەی ئەرکان لە هەولێرو هەر لەو ساڵەدا بووە کارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگە. پاش رواداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، لە قاسمەڕەش گیرسایەوەو دواتر بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی تۆڵەدا کرد. هەر ئەو ساڵە، دوا بەدوای دروستکردنەوەی مەڵبەندی پێشمەرگە، وەکو کارگێڕی مەڵبەند لێپرسراوەتیی راگەیاندن و روناکبیریی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩٧ ئەرکی جێگری سەرنوسەری گۆڤاری « ڕێبەری سیاسی»ی پێ سپێردراو دوای ئەوەی کەناوی گۆڤارەکە گۆڕاو بووە «ڕێبەری پێشمەرگە» بەردەوام بوو لەسەر

ئەرکەکانی وەك جێگری سەرنوسەری گۆڤارەکەو لە ساڵی ١٩٩٨دا لە ژمارە شەشەوە ئەرکی سەرنوسەری گۆڤارەکەی گرتە ئەستۆو تا ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا، لە پاڵ ئەوەی کە سەرنوسەری گۆڤارەکە بوو، جێگری لێپرساوی مەڵبەندی پێشمەرگەش بوو.

ساڵی ٢٠٠٦ خوێندنی لە کۆلیجی کارگێڕیو ئابوری تەواو کردو هەمان ساڵ بە لێپرساوی مەڵبەندی ٢٧ی ڕێکخستنی دوکان هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٩ دەستی لەکار کێشایەوەو هەر ئەو ساڵە بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانرا. ساڵی ٢٠١٤ لێپرساوەتیی بۆردی ناوەندی کادیرانی سەر بە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی پێ سپێردرا.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ٢٥ی نیسانی ٢٠٢٠دا، لە هەڵبژاردنی لێپرساوانی بۆردی مەکتەبەکاندا بە لێپرساوی بۆردی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیرانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری هەڵبژێردرا.

## بێسەلمێن (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٧٧دا لە نزیك گوندی بێسەلمێن لە ناوچەی هەڵەبجە کە تێیدا دوژمن بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەرو زرێپۆش هێرشی کردە سەر پێشمەرگە. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان تا دوا گوللە شەڕیان کردو هەموویان شەهید بوون.

شەهیدەکانیش ئەمانەن: فەرماندەی مەفرەزە عومەر حەمە ساڵح (هەڵەبجە)، هیدایەت عەبدوڵڵا (هەڵەبجە)، ئیبراهیم عەبدوڵڵا زیرانی (هەڵەبجە)، ئیبراهیم خەلیل (کەرکوك)، کامیل ئیبراهیم حسێن (سلێمانی)، ساڵح مەحمود گەرمیانی (شەکرالی-هەڵەبجە)، عەلی عەبدولڕەحمان میراولی (نەوڕۆلی). دوژمن ٣ ئەفسەرو ٣٥ سەربازی لێ کوژراوە.

## بێشێ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی مەفرەزە هاوبەشەکانی کەرتی گەلاڵەی هەرێمی ٧ی باڵەکە لەسەر ڕێگای گوندی بێشێی سەر بە ناحیەی سمیلانی قەزای چۆمان لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٧٩. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکان بۆسەیان بۆ هێزێکی سوپای عیراق نایەوە. هێزەکە کەوتە ناو بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان بە سەختی گوللەبارانیان کرد. لە ئاکامدا دوو ئەفسەر کە یەکێکیان فەرماندەی هێزەو ئەوی تر ئەفسەری هەوالگرییەو ١٩ سەرباز کوژران و شەش ئۆتۆمبێلی سەربازیش تێك شکێنران. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە پێنج کلاشنکۆفی سیخۆی بوو.

## بێکەس (ڕوداو)

ڕوداوی شەهیدبونی سێ پێشمەرگە لەگەڕەکی بێکەسی شاری چەمچەماڵ لە ساڵی ١٩٨٣. بەپێی نەخشەی دانراو، سێ پێشمەرگەی کەرتی ٣ی تیپی ٥٧ی سەگرمە بە ناوی محەمەد نادر قادرو بەکر بارۆیی‌و مەجید قادر عەزیز ناسراو بەسۆرانی پورە گوڵە، بەشەو چونە ناو شاری چەمچەماڵ بە مەبەستی هێرش کردنە سەر بارەگای پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانی سەر بە ڕژێمی بەعس لەگەڕەکی بێکەس. بەڵام چالاکییەکە لەبەر بونی هێزێکی زۆر لە ناو شار ئەنجام نەدراو سێ

پێشمەرگەکە بڕیاریاندا ئەو شەوە لەماڵی محەمەد نادر قادر لەگەڕەکی بێکەس بمێننەوە.

بەیانییەکەی، دەزگا ئەمنییەکان هەواڵیان پێ گەیی کە چەند پێشمەرگەیەك هاتونەتە ناو چەمچەماڵو لە ماڵێکی گەڕەکی بێکەس دان. لەو کاتەدا هێزێکی گەورە لە ناو شار بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی گەورە لە ناوچەی زەنگنە مۆڵ درابوو کە لە لیوای چەمچەماڵ و جاشەکانی چەمچەماڵ و تاسلۆجە و بازیان و هێزی جەیش شەعبیی سنورەکە پێك هاتبوو.

پاش دەستنیشان کردنی ئەو ماڵەی پێشمەرگەکانی لێ بوو، هێزەکە لەهەموو لایەکەوە هێرشی کردە سەر ماڵەکە. جگە لەچەکی سوك، هاوەنی ١٠٦ ملم و ئارپیجیش لەهێرشەکەدا بەکار هات. هێرشەکە سەعات ١٠ی بەیانی دەستی پێکردو شەڕێکی سەخت بۆ ماوەی پێنج سەعات دامەزرا کە لە کۆتاییدا هێزەکانی عیراق ناچار بون هانا بۆ بەکارهێنانی هەلیکۆپتەری جەنگی ببەن کە ماڵەکانی گەڕەکەکەی دایە بەر موشەك، سەرباری ئەوەی کە فڕۆکەی سیخۆی بەسەر شارەکەدا دەسوڕایەوەو تۆپو تانك دەورووبەری شاری تەنی بۆوە. لە ناو شاریش بەبڵندگۆ داوای خۆ بەدەستەوەدانی پێشمەرگەکان دەکرا.

هێزەکانی عیراق نەخشەی گەمارۆدان و لە ناوبردنی پێشمەرگەکانیان دانابوو و وا تێگەیشتبون گەڕەکەکە هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی لێیە. هەموو ئەو هێرشانەی لە ماوەی پێنج سەعاتدا کرانە سەر پێشمەرگەکان تێك شکێنران و لە کۆتاییدا هێزەکانی عیراق زۆرتر کەوتنە بەکارهێنانی هاوەن و موشەکباران کردنی گەڕەکەکە لە ڕێی هەلیکۆپتەری جەنگییەوە.

شەڕەکە بە شەهیدبونی هەر سێ پێشمەرگە کۆتایی هات. کۆی کوژراوی دوژمن گەیشتە ٦کەس کە یەکێکیان فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بوو، لەگەڵ دوو چەکداری جەیش شەعبیو ٣ جاش. ژمارەی بریندارانیش سەروی ١٠ کەس بوو. لە ئاکامی هێرشەکان و تۆپباران و بەکارهێنانی موشەکدا، سێ خانوی گەڕەکەکە روخان و زیاد لەدە خانوی تر گڕیان تێ بەربوو.

لەم سەروبەندەدا پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ی تیپی ٢١ی کەرکوك لەهەوڵێکدا بۆ فریاکەوتنی پێشمەرگە گەمارۆدراوەکان، چونە گوندی گورگەی نزیك چەمچەماڵ بەڵام لەبەر گەمارۆی سەر شار نەیانتوانی بچنە ناو چەمچەماڵو فریای پێشمەرگەکان بکەون. سەرەڕای ئەمە، هەر ئەو شەوە پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی جەباری بە فەرماندەیی نەجمەددین مام شوکر تاڵەبانیی ناسراو بەمامە ریشە خۆیان کرد بەچەمچەماڵداو هێرشیان کردە سەر قەڵای چەمچەماڵو چەند بنکەیەکی جاشەکان.

ئەم شەڕە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ناوچەکەدا هەبوو. رۆژی دوای شەڕەکە، وەك گوزارشتێك لەخەمو پەژارە بەرامبەر بەشەهیدبونی سێ پێشمەرگەکە، هیچ دوکانو بازاڕێکی چەمچەماڵ نەکرایەوە.

ساڵی ٢٠١٢ بە بڕیاری شارەوانیی چەمچەماڵ ناوی گەڕەکی بێکەس گۆڕاو کرایە گەڕەکی پورە گوڵە کە دایکی یەکێ لەسێ پێشمەرگە شەهیدەکەیەو پێشتریش کوڕێکی تری لە شەڕی قازان شەهید ببوو.

ژیاننامەی سێ شەهیدەکە:

محەمەد نادر قادر: لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری چەمچەماڵ. لەخێزانێکی جوتیاری کوردپەروەردا چاوی بەژیان هەڵهێناوە. ساڵی

١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکانو کارکردن بەسیستمی تیپەکان، بەر سنوری هەڵسوڕانی تیپی ٥٧ی سەگرمە کەوت. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی تیپەکەیدا کردووە لەوانە شەڕی چیای شۆڕاوەی ناوچەی هەمەوەند لە ساڵی ١٩٨٠و شەڕی ژاڵەی دەربەند لە بناری چیای سەگرمە لە ساڵی ١٩٨٢، هەروەها بەشدار بوو لە شەڕەکانی هێزی پشتیوان لە ساڵی ١٩٨٢ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بریندا بووە، جارێك لە ساڵی ١٩٨١ لەچالاکییەکدا لە ناو شاری چەمچەماڵ لە کاتی هێرش کردنە سەر بنکەی پۆلیس و جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٢ لە شەڕەکانی هێزی پشتیوان.

مەجید قادر عەزیز: ناسراو بەسۆرانی پورە گوڵە. لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی شاری چەمچەماڵ. لە خێزانێکی هەژارو دەستکورت چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو بە هۆی هەژارییەوە نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدا، بۆیە لەهەرزەکارییەوە شانی داوەتە بەر کاری کرێکاری. پورە گوڵەی دایکی، ئەوو براکەی بەهەژاریو بێوەژەنی بەخێو کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ لە چەمچەماڵ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ئەم ڕوداوە کاریگەریی زۆری لەسەر گەشەکردنی هۆشیاریی چینایەتیو نەتەوایەتیی بەجێ هێشتووە. هەر هەمان ساڵ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٢ی کەرکوك و ساڵی ١٩٨٢ گوێزراوەتەوە بۆ هەرێمی ٥ی قەرەداغ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ڕۆڵێکی دیاری هەبووەو بەشدار بووە لەبەشێکی زۆری چالاکییەکانی سنوری هەردوو هەرێمی ٢ی کەرکوك و ٥ی قەرەداغ، هەروەها بەشداریش بووە لە ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران و لەو ماوەیەدا چەند جارێکیش بریندار بووە.

برایەکی بە ناوی گۆران لە ساڵی ١٩٨١ لە شەڕەکەی قازان لە نزیك تاسڵوجە شەهید بووە. پورە گوڵەی دایکی هەر ئەم دوو کوڕەی هەبووە. چیرۆکی شەهیدبونی ئەم دوو برایە بەچەشنێك کاریگەر بووە کە چیرۆکنوس محەمەد نوری تۆفیق چیرۆکی «گورگانە شەوێ»ی لەسەر نوسیون. لە چەمچەماڵ زۆر جار لەسەر دیوارەکان ئاماژە بەم دوو برایە کراوەو بەدروشم نوسراوە «شەهیدان سۆران و گۆران نمونەن بۆ ڕەنجدەران».

بەکر باڕۆیی: لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی گوندی باڕۆیی لە ناوچەی بازیان. لە بنەماڵەیەکی جوتیاری هەژار بووە. ساڵی ١٩٦٨ لە خوێندنگەی چارباخی سلێمانی خراوەتە بەر خوێندنو بەهۆی هەژارییەوە وازی لەخوێندن هێناوەو بۆ دابین کردنی بژێوی خێزانەکەی دەستی بەکرێکاری کردووە.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناوزەنگ خزمەتی کردووە. ساڵی ١٩٨٢ گوێزراوەتەوە بۆ کەرتی ٣ی تیپی ٥٧ی سەگرمە لەو ماوەیەدا بەشداریی کاریگەری لە چالاکییەکانی تیپەکەدا کردووە، سەرباری بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران. بەکر چواردەهەمین شەهیدی گوندی باڕۆییە.

# بێگەرد تاڵەبانی



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی بێگەرد دڵشاد شوکرولّلا تاڵەبانی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٨ی گوندی کەلکان لەبناری چیای کۆسرەت لە قەزای دوکان. بەهۆی ئەوەوە کە باوکی پێشمەرگە بووەو لە پێشمەرگایەتیدا خێزانەکەی لەگەڵ بووە، لە منداڵییەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ بەهاکانی شۆڕشدا پەیدا کرد، ئەم هەلومەرجە وای کرد، ژیانی خێزانەکەی لە ساڵەکانی هەشتاکاندا سەقامگیر نەبێ و هەر جارەی لەشوێنێك بگیرسێتەوە وەك بناری کۆسرەت و سماقولی و دەشتی کۆیەو دۆڵی جافەتی. ساڵی ١٩٨٨ کاتێك خێزانەکەی لەگوندی یاخسەمەری دۆڵی جافەتی دەژیا، گوندەکەو چەند گوندێکی تری دۆڵەکە بەر چەکی کیمیایی کەوتن. هەر ئەو ساڵە خۆی و خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بوون.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، گەڕایەوە بۆ کوردستان. لە مانگی شوباتی ساڵی دواتردا لە سنوری کەرتی رێکخستنی چوارقوڕنە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. پاشان، ماوەیەك کرایە لێپرسراوی شانەو سەرپەرشتیی رێکخستنی خوێندکارانی سنوری کەرتەکەی کردو دواتر لێپرسراوەتیی پۆلی وەرگرت.

دوای دامەزراندنی مەڵبەندی راپەڕین لە ڕانیە لە ساڵی ١٩٩٣و پێکهێنانی کۆمیتەی بیتوێن، وەك لێپرسراوی کەرتی رێکخستن درێژەی بەکارەکانی داو لە هەمان کاتدا هەم لە ڕێکخراوی بیتوێن و رێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان چالاکیی نواند هەم لە شارۆچکەی چوارقوڕنە درێژەی بەخوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی دا.

ساڵی ١٩٩٩ لە بەشی بایۆلۆژیی کۆلێجی زانستی زانکۆی سلێمانی وەرگیراو دوا بەدوای ئەمە، لە دووەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکاران بووە ئەندامی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و لە سێیەمین کۆنگرەش لە ساڵی ٢٠٠١ بووە جێگری سکرتێری کۆمەڵە.

ساڵی ٢٠٠٤ لە مەڵبەندی ١١ی گەرمیان بووە جێگری لێپرسراوی کۆمیتەو ئەندامی بەش. ساڵی ٢٠٠٦ گەڕایەوە سنوری مەڵبەندی راپەڕین و هەر ئەو ساڵە، پاش دامەزراندنی مەڵبەندی پشدەر، بەکارگێڕی مەڵبەندەکە هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠٠٩ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی پشدەر. لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەمان ساڵ بووە لێپرسراوی مەکتەبی پشکنین و بەدواداچوون.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستاندا بە ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی سەوز هەڵبژێردرا و لە ناو پەرلەمان بە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٩ بووە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کابینەی نۆیەمی حوکومەتی هەرێمی کوردستان. هەر ئەو ساڵە، لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لەسەر بازنەی راپەڕین، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی هەڵبژێردرا.

## بێگەڵاس (شەڕ)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە کە تێیدا مەفرەزەیەکی هەرێمی ٦ی پشدەر بە ئار بی جی لە سەنگەرێکی سوپای عیراقی دا لە بێگەڵاس لە ناوچەی قەڵادزێ لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٨دا. لە ئاکامدا ٦ سەرباز کوژران و ٢ سەربازی دیکەش بریندار بوون.

## بێگەڵاس (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەکانی هەرێمی ٦ی پشدەر و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە نزیك بێگەڵاس و چیای سەری مامەندە لە ٩ی ئەیلولی ١٩٧٨. هێزەکەی سوپای عیراق دەیویست ئەو گوندانەی کە لە سنوری پشدەر مابوون، رابگوازێت، بەڵام پێشمەرگەکان بەرەنگاریان بوونەوەو لە ئاکامدا ٤٠ سەرباز کوژران و بریندار کران، لە ناو کوژراوەکاندا دووانیان ئەفسەر بوون.

## پارتیزان

دەستەواژەیەکە بەو مەفرەزانەی هێزی پێشمەرگە دەوترێ کە پاش قۆناغی ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨، بە ئارەزووی خۆیان لە ناوچە سوتماك کراوەکاندا مابوونەوەو بڕیاری چۆڵ نەکردنی مەیدانی پێشمەرگایەتییان دابوو یان بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو کە سەرکردایەتی دابنابوو، بۆ ئەو شوێنانە نێردرابوون کە بۆیان دەستنیشان کرا بوو.

ئەرکی پارتیزانەکان جگە لە ئەنجامدانی چالاکیی پێشمەرگانە لە ناوچە سوتماك کراوەکان، دروستکردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ ڕێکخستنی ناو شارەکان.

پارتیزانەکان لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا، پاش شاڵاوی ئەنفالەکان و وەستانی جەنگی عیراق- ئێران و وێرانکردنی تەواوی گوندەکان، ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ کرد. ئەگەرچی نەیانتوانی شەڕو چالاکیی پێشمەرگانەی گەورە ئەنجام بدەن، بەڵام کارێکی وایان کرد هێزەکانی سوپای عیراق لە ناوچە سوتماك و چۆڵکراوەکان هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا بژین.

لە ماوەی نێوان شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا پارتیزانەکان گیانی بەرگری و خۆڕاگرییان بە کڵپەسەندوویی هێشتەوەو بوونە ڕایەڵەیەکی گرنگی پەیوەندی لە نێوان بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەو جەماوەری شارو شارۆچکەکان،



بەتایبەتی کە مەیدانی چالاکییان لە نزیك شارەکان بوو، پەیوەندیی بەردەوامیشیان لەگەڵ ڕێکخستنی ناو شارەکان هەبوو. لە قۆناغی پێش ڕاپەڕیندا، پارتیزانەکان کەناڵی پەیوەندییان لەگەڵ چەکدارە کوردەکانی سەر بە حکومەتی عیراق دروست کردو توانییان بە جۆرێك ڕێکیان بخەن کە لە خزمەتی پلانی ڕاپەڕیندا بن. زۆربەی هەرە زۆری هێزی پارتیزانەکان لەپێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکهاتبوو، بەڵام هەندێ شوێن پێشمەرگەی پارتیزانی لایەنی دیکەی لێ بوو وەك پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. پارتیزانەکان لە هەندێ شوێن چالاکیی پێشمەرگانەی گرنگیان ئەنجامدا وەك لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر، گەرمیان، قەرەداغ، دۆڵی جافەتی، شارباژێر، باڵەکایەتی، خۆشناوەتی، دەشتی هەریرو ئاکۆیەتی.

کەلتوری شەڕی پارتیزانی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بایەخی شیاوی پێ دراوە. لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لەدوو قۆناغی جیاوازدا شەڕی پارتیزانی شێوەی سەرەکیی شەڕ بووە. قۆناغی یەکەم قۆناغی سەرەتای دەستپێکی خەباتی چەکدارە کەزۆرتر ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٩ دەگرێتەوەو قۆناغی دووەم کە قۆناغێکی سەختتر بووە قۆناغی پاش شاڵاوی ئەنفالەکانەو زۆرتر ماوەی نێوان ١٩٨٨-١٩٩١ دەگرێتەوە.

دەشێ نەخشەی «رزگاری» کە پرۆژەیەکە تاڵەبانی لە ئایاری ١٩٧٦ لە سوریا دایناوە، یەکەم دیکۆمێنت بێ دەربارەی ڕواڵەتەکانی شێوەی شەڕی پارتیزانی لە سەرەتای دەستپێکی خەباتی چەکدار. ئەم دیکۆمێنتە ناوەڕۆکێکی سیاسی- پێشمەرگانەی هەیەو چوارچێوە گشتییەکانی شەڕی پارتیزانیی تێدا دیاری کراوە. بەڵام ئەو دیکۆمێنتەی کە دورنمایەکی پراکتیکیی سەبارەت بە شەڕی پارتیزانی هەیەو دیدێکی ڕۆشنتری لەم بارەیەوە گەڵاڵە کردووە، پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکانە کەشاسوار جەلال (ئارام) لە حوزەیرانی هەمان ساڵ بە ناوی لیژنەی سەرکردایەتیی دەستە چەکدارەکانەوە نوسیویەتیو تێیدا چەردەیەك مەسەلەی پەیوەست بە شەڕی پارتیزانی رون کراوەتەوە.

لە ساڵانی دواتردا بایەخدان بەبڵاوکردنەوەی کەلتوری شەڕی پارتیزانی هەر بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٨٠ دەزگای ڕاگەیاندن دوو نامیلکەی دەربارەی شەڕی پارتیزانی بڵاو کردەوە، یەکێکیان کۆمەڵەو تارێکی کارل مارکسو فریدریك ئەنگلسە کە ئەبوبەکر خۆشناو لەعەرەبییەوە وەری گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و بە ناونیشانی «دەربارەی شەڕی پارتیزانی» بڵاوی کردونەتەوە، ئەوی دیکە نامیلکەیەکە بە ناونیشانی «بەشێك لە سەرەتاکانی شەڕی پێشمەرگانە» کە ناوی نوسەری لەسەر نیەو مەکتەبی عەسکەری دەری کردووە. ساڵی ١٩٨١ دوو بڵاوکراوەی تر دەربارەی شەڕی پارتیزانی بڵاوکراونەتەوە. یەکێکیان کتێبەکەی «جەنگی گەل سوپای گەل»ی جەنراڵ جیابە کە بورهان قانع لەفارسییەوە وەری گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردیو ئەوی تر نامیلکەیەکی ٦٤ لاپەڕەییە بە ناونیشانی «چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جەنگی پارتیزانی» کە فازل کەریم ئەحمەد نوسیویەتیو مەکتەبی عەسکەری دەری کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٦دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیڕەوێکی پێشکەوتوتر و دەوڵەمەندتری بۆ هێزی پێشمەرگە دەرکرد کە تێیدا بایەخێکی شیاو بەشێوازی شەڕی پارتیزانی دراوە. هەمان ساڵ گۆڤاری «کۆمەڵە» لە ژمارە ١٤ی خولی سێیەمدا، لە حوزەیرانی ١٩٨٦، پاشکۆیەکی بە ناونیشانی

«جەنگی پارتیزانی» بڵاوکردەوە کە وتارێکی ئەکرەم دەردیرییەو ئازاد هەورامی لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ساڵی دواتر دەزگای ناوەندیی رۆشنبیریی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کتێبێکی ١٣٦ لاپەڕەیی بە ناونیشانی «جەنگ و هەندێك لە جۆرەکانی» بڵاوکردەوە کە لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی و لە ناواخندا باسی شەڕی پارتیزانیشی تێدا کراوە.

## پارتی پێشڕەو (تیۆری)

تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانەیە، لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهاندا لەڕەوتی تێکۆشانی نیشتمانیدا لە دژی داگیرکەرە ئەڵمانەکان لە ئەوروپای رۆژهەڵات و داگیرکەرە ژاپۆنییەکان لەئاسیا، کۆمۆنیستەکان بانگەشەیان بۆ کردووە. تیۆرییەکە بەشێکی تیۆریی بەرەی یەکگرتوی گەل پێکدێنێ و ناوەڕۆکەکەی بەمجۆرەیە کە قۆناغی رزگاریی نیشتمانی پێویستی بەیەکگرتنی هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکانە لەپێناوی رزگاریی نیشتماندا و ئەم بەرەیە بە ڕابەرایەتیی پارتێکی پێشڕەو دەبێ کە رابەرایەتیی خەباتی نیشتمانی دەکات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی دامەزراندندا بەنەختێك هەمووارکردنەوە بانگەشەی بۆ ئەم تیۆرییە کرد و وای بۆ چوو کە پاش هەڵوەشانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسۆنگەی پەیمانی ساڵی ١٩٧٥ی جەزایرەوە، کوردستان پێویستی بە چەترێکە کە هەموو گروپە سیاسییە نیشتمانییەکان لە سایەیدا لەدەوری یەك بەرنامە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی قۆناغی رزگاریی نیشتمانیی کۆ ببنەوە. لەم سەروبەندەدا وا دانرا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك نیمچە بەرەیەکی سیاسی دەشێ ببێ بەو چەترەی کە لە سایەیدا گروپە نیشتمانییەکان دەتوانن بەرنامەی کاری شۆڕشگێڕانەی خۆیان هەڵسوڕێنن.

بە لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کورد پارتی پێشڕەوی نیە، ئەم پارتە لەڕەوتی خەباتدا پەیدا دەبێ و بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانی پێویستی بەپارتی پێشڕەوەو بونی پارتی پێشڕەو یەکێ لەمەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنە. بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەهەمان ئەم مانایە باسی پارتی پێشڕەوی کردووەو وا گوزارشتی لێ کردووە کەپێشڕەوی شۆڕشگێڕ لە ئایندەدا پەیدا دەبێ. ئەمەش بەیەکەم ئاماژە بۆ تیۆریی پارتی پێشڕەو دادەندرێ.

لەم چوارچێوەیەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە نامیلکەی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.. بۆچی؟» وای بۆ چووە کەهەموو بزوتنەوەیەکی رزگاریخواز بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن پێویستی بەپارتی پێشڕەوو یەکێتیی هێزەکانی گەل و سوپای رزگاریخوازی گەلە. لەم روانگەیەشەوە کە چینی کرێکار لە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر شۆڕشگێڕترەو خاوەنی تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانەیە، ئەم چینە لەهەموو چینەکانی تر بۆ پێشڕەوایەتی کردنی بزاڤی رزگاریی نیشتمانی شیاوترە. بۆیە تەنها پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ لێی رادەبینرێ بتوانێ پێشڕەوایەتیی بزوتنەوەی کوردایەتی بکاو بەهۆی ئەمەوە دەبێ پەلە لەهێنانە دیی پارتی پێشڕەو بکرێ.

لە قۆناغی دامەزراندندا هەردوو رۆژنامەی «شەرارە»و «رێبازی نوێ» بانگەشەیەکی سیستماتیکییان بۆ تیۆریی پارتی پێشڕەو کرد. سەروتاری ژمارە ٤ی «شەرارە» کە لەحوزەیرانی ١٩٧٦ دەرچووە، وای بۆ چووە کە «بونی پارتێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی راستەقینە بۆ رابەرایەتی

کردنی یەکێتیی تیکۆشانی چینە نیشتمانییەکان» مەرجێکی سەرەکیی سەرکەوتنە. بەهەمان پێودانگ سەروتاری ژمارە ٥ کە لەکانونی یەکەمی ١٩٧٦ دەرچووە، جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە بەردەوامبونی شۆڕش پێویستی بەپارتی پێشڕەوە.

هەر بەهەمان شێوە، سەروتاری ژمارە یەکی خولی یەکەمی رۆژنامەی «رێبازی نوێ» جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە بونی پارتی پێشڕەوی راستەقینەو بەرەی یەکێتیی نیشتمانی و هێزی پێشمەرگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان مەرجی پێویستن. هەروەها لە وتارێکی هەمان ژمارەدا بە ناونیشانی «باری ئێستای گەلەکەمان و رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» باس لەوە کراوە کە بونی پارتی پێشڕەوو بەرەی یەکگرتوو «دوو مەرجی زۆر گرنگی سەرکەوتنی هەموو شۆڕشێکن».

هەروەها بەیاننامەی کۆتایی خولی یەکەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ساڵی ١٩٧٧ لە برادۆست بەستراون، ئاماژەیەکی گرنگی بە پارتی پێشڕەو داوەو تێیدا هاتووە کە «کۆمیتەی سەرکردایەتی چەند بڕیارێکی گرنگی بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی یەکێتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عیراق بەپێی بنەما سیاسی و رێکخراوەییەکانی یەکێتی دەرکردووە، پێکهێنانی لیژنەکانی ناوچە و شارو دێهاتەکانی بە شێوەیەکی هاوبەشو یەکگرتوو پەسند کردووە و بڕیاری وەگەڕخستنی تێکۆشانی داوە لەپێناوی پەلەکردن لە پەیدابونی ئەو پارتی پێشڕەوە شۆڕشگێڕەی کە دەتوانێ سەرکردایەتیی یەکێتی و بزاڤە رزگاریخوازەکەی گەلەکەمان بکات».

لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە، بایەخدان بە مەسەلەی پارتی پێشڕەو لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەرەو کاڵبونەوە چوو، لە کاتێکدا کە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان تا ساڵانی دواتر هەر بەردەوام بوو لەسەر بایەخدان بەم مەسەلەیە.

لە دوو باڵەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا، کەمتر بایەخی بەم مەسەلەیە داوە. دیارترین ئاماژە بۆ مەسەلەی پارتی پێشڕەو لەئەدەبیاتی بزوتنەوەی سۆشیالیستدا، لە پڕۆژەی پڕۆگرامەکەی دەبینرێ کەمێژوی بڵاوکردنەوەی بۆ نیسانی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوەو تێیدا لەپەرەگرافێکدا لە رەوتی گێڕانەوەی مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی رزگاریی نیشمانیدا باس لەوە کراوە کە شۆڕش پێویستی بەچەند مەرجێکە بۆ هەڵسوران و سەرکەوتن لەوانە بونی پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕو بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو و لەشکری گەل. ئەمەش هەمان ئەو مەرجانەن کەپێشتر لەرۆژنامەی «شەرارە» دا بڵاو کراونەتەوە. فاکتەری سەرەکیی ناوهێنانی پارتی پێشڕەو لەپڕۆژەی پرۆگرامی بزوتنەوەی سۆسیالیست، پەیوەندیی بەهەوڵی تالەبانییەوە هەیە بۆ بردنی تیۆریی پارتی پێشڕەو بۆ ناو بزوتنەوەی سۆسیالیست. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کەپڕۆژەی پڕۆگرامی بزوتنەوەی سۆشیالیست لە لایەن تالەبانییەوە نوسراوە. هەرچەند پڕۆژەی بەرنامەکە بانگەشەی بۆ تیۆریی پارتی پێشڕەو کردووە، بەڵام ئەم تیۆرییە لە ناو بزوتنەوەی سۆشیالیستدا نە پانتاییەکی گەورەی لە پەیکەری ئایدیۆلۆژی داگیر کردووەو نە بەشێکی گوتاری راگەیەنراوی پێکهێناوە، سەرباری ئەوەی کە تیۆرییەکە لەسەر ئاستێکی فراوان بانگەشەی بۆ نەکراوە. گۆڤاری «بزوتنەوە»ی لێ دەرچێ کە یەکێ لە دروشمەکانی «لەپێناوی گەشەپێدانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و بەدی هێنانی حزبی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی کوردستاندا» بووە،

ئەدەبیاتەکانی تری بزوتنەوەی سۆسیالیست هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ئەم مەسەلە تێدا بەدی ناکرێ. پاش یەکگرتنەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیست و هێڵی گشتیو پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢، گرنگترین دوو دیکۆمێنتی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە بریتین لە بەیاننامەی دامەزراندنو پرۆگرام هیچ ئاماژەیەکیان بۆ پارتی پێشڕەو تێدا نیەو لەم سەروبەندەدا گۆڤاری «رزگاری» کە لە ماوەی نێوان ١٩٨٥-١٩٨٨دا ئۆرگانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بووە، هیچ بانگەشەیەکی بۆ تیۆریی پارتی پێشڕەو نەکردووە.

لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا مێژوی باس کردنی تیۆریی پارتی پێشڕەو بۆ سەردەمی شاسوار جەلال، سکرتێری نافەرمیی کۆمەڵەی رەنجدەران، دەگەڕێتەوە. شاسوار جەلال لەنوسینەکانیدا بانگەشەی بۆ تیۆریی پارتی پێشڕەو کردووەو وای بۆ چووە کە شۆڕش بەبێ پارتی پێشڕەو سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. لەدیکۆمێنتێکدا بۆ شرۆڤەکردنی رەوشی سیاسی بە ناونیشانی «باری ئێستای کوردستان» کە لە سەرەتای تەموزی ١٩٧٦دا بە ناوی لیژنەی سەرکردایەتیی دەستە چەکدارەکانەوە دەرچووە، ئاماژەی بەوە داوە کەشۆڕشی شێوە نوێ پێویستی بەسێ پایەی سەرەکی هەیە کەبریتین لەپارتی پێشڕەوو یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلو لەشکری شۆڕشگێڕو بەبێ پارتی پێشڕەو «شۆڕش بە ئامانج ناگا». هەروەها لەبەیاننامەیەکدا کە لە یەکی ئەیلولی ١٩٧٦دا بە ناوی دەستەی دامەزرێنەری ناو وڵاتەوە دەرچووە، بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی پێشڕەو، شاسوار جەلال رونی کردۆتەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان»حزب نیەو جێی پارتی پێشڕەو ناگرێتەوە بەڵکو لەپێناوی یەکگرتنی هێزە نیشتمانپەروەرەکان و لەناوبردنی دەستەگەریو دوبەرەکیدا دروست بووە».

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ کۆمەڵەی رەنجدەران لە ئەدەبیاتەکانیدا بە شێوەیەکی چڕ کەوتە بانگەشەکردن بۆ تیۆریی پارتی پێشڕەو. بابەتەکانی خولی یەکەمی گۆڤاری «کۆمەڵە» کە لە ماوەی نێوان ١٩٧٨-١٩٨١ نۆ ژمارەی لێ دەرچووە، ئاماژە بەوە دەدەن کە کۆمەڵەی رەنجدەران لە وتاری راگەیەنراویدا بایەخێکی زۆری بەتیۆریی پارتی پێشڕەو داوەو بەهەندی وەرگرتووە.

«کۆمەڵە» لەخولی یەکەمیدا لە ژێر دروشمی «بەرەو پێکهێنانی پارتی پێشڕەوی کرێکارانو رەنجدەرانی کوردستان» دەرچووەو بابەتەکانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان بەناوەرۆك بایەخی شایستەیان بەمەسەلەی پارتی پێشڕەو داوە. دیارترین لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم بابەتەوە توێژینەوەیەکە نەوشیروان مستەفا، سکرتێری کۆمەڵە، لە ژمارە ٣دا بە ناونیشانی «بەرەو پێکهێنانی حزبی پێشڕەوی کرێکارانو رەنجدەرانی کوردستان» نوسیویەتیو بەدرێژترینو وردترین لێکۆڵینەوە دەربارەی تیۆریی پارتی پێشڕەو دادەندرێ کە تێیدا بناغە ئایدیۆلۆژیو بابەتییەکانی تیۆرییەکە شرۆڤە کراوە. لێکۆڵینەوەکە ٥٢ لاپەڕەی فولسکابی گرتۆتەوە. دواتر چەند لێکۆڵینەوەیەکی تر دەربارەی ئەم بابەتە لەگۆڤارەکە بڵاو کرانەوە دیارترینیان لێکۆڵینەوەیەکە لە ژمارە ٩دا بە ناونیشانی «پارتی کرێکارانو رەنجدەرانی کوردستان ئاڵقەی ناوەندیی خەباتمانە»، تێیدا وتراوە کە کۆمەڵەی رەنجدەران لە سەرەتای دامەزراندنییەوە «ئەرکی ناوەندیی خۆی بەهێنانە دیی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان دیاری کردووە».

ساڵی ١٩٨١ کۆمەڵەی رەنجدەران دوو نامیلکەی سەبارەت بە تیۆریی پارتی پێشڕەو دەرکرد، یەکێکیان

به ناونیشانی «پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان» کە فەرەیدون عەبدولقادر نوسیویەتی و ئەوی تر بە ناونیشانی «دەربارەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان» کەنوسەرەکەی هەڤاڵ کوێستانییە. ساڵی دواتر تەنها یەك نامیلکە دەربارەی ئەم بابەتە بە ناونیشانی «چەند سەرنجێکی رەخنە گرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان» کە نوسەرەکەی سالار عەزیز بوو، دەرچوو.

لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە، بایەخدان بەتیۆریی پارتی پێشڕەو لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەران وردە وردە بەرەو کاڵبونەوە چوو. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە خولی دووەمی گۆڤاری «کۆمەڵە» دەستبەرداری دروشمی «بەرەو پێکهێنانی پارتی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان» بووەو هیچ بابەتێکی دەربارەی پارتی پێشڕەو تێدا بڵاو نەکراوەتەوە. پاش کۆنفرەنسی دووەم کۆمەڵە بەتەواوی وازی لەم تیۆرییە هێناو چیتر لە بڵاوکراوەکان و گوتاری راگەیەنراویدا ئەم دەستەواژەیەی بەکار نەهێنا.

## پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق (رێکخراو)

رێکخراوێکی چەپە، ساڵی ١٩٧١ لە ئەنجامی ململانێی فیکریی نێوان بیروباوەڕی کوردستانیو عیراقی، لە کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان جیا بۆتەوە. ئەندامانی ئەم باڵە لەو بڕوایەدا بون کە پێویستە کۆمەڵە وەك رێکخراوێکی عیراقی کار بکا نەك وەك رێکخراوێکی کوردستانیو لەم هەڵوێستەیاندا زۆر پشت ئەستور بون بەو تیۆرییەی کە نابێ چینی کرێکارانی عیراق لەسەر بناغەی نەتەوایەتی پارچە پارچە بکرێ. بەم پێیە، ئەندامانی ئەم باڵە پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانیان دەختە سەروی پێداویستییە نەتەوەییەکانەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە رێکخراوەکە ناوی «کوردستانی عیراق»ی پێوە لکابوو، بەڵام ئەندامەکانی لەبنەڕەتدا باوەڕیان بەوە هەبوو کە نابێ کوردستانی عیراق حزبی کۆمۆنیستی خۆی هەبێو دەبێ کار بۆ دامەزراندنی یەك حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ بۆ هەموو عیراق بکرێو ئەرکی مارکسیستە کوردەکانە کەبەشدار بن لە دامەزراندنی ئەو حزبەدا. بەم مانایە، پێکهێنانی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق تەنها هەنگاوێکی تەکتیکی بوو بۆ فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی دامەزراندنی حزبێکی کۆمۆنیستی سەرتاسەریو یەکگرتنەوە لەگەڵ گروپە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکانی تری عیراق بۆ پێکهێنانی یەك حزبی کۆمۆنیستی یەکگرتوو بۆ هەموو عیراق.

مەسەلەی کوردستانیی لێ دەرچێ، پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی رێکخراوەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لە پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان نەبوو.

لە ناو کۆمەڵەدا ئەندامانی ئەم باڵە کەمینەیەکی بچوکیان پێك هێناوەو سەرکردەکانیان هەر یەك لە فازل مەلا مەحمودو فوئاد قەرەداغی بووە. پاش جیابونەوەی باڵەکەو پێکهێنانی رێکخراوەکە، فوئاد قەرەداغی بە سکرتێر هەڵبژێردراو هەر یەك لە ئەشرەف تاڵەبانیو سلێمان عومەر بونە ئەندامی سەرکردایەتی.

کادیرە جیابووەکان بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیان زۆر نەبوو، دیارترینییان ئەمانەن: محەمەد هۆشیار، عەبدولڕەحمان قەرەداغی، زاهیر باهر، ئەمیر عەلی ناجی، سەردار حەسەنە سوری سێوسێنان، حەسەن حەمە خان، عەبدوڵڵا موعتەسەم، شێروان نوری مەردۆخی و پرشنگ مامەند.

ڕێکخراوەکە نەیتوانی گەشە بکا، هیچ ڕۆڵێکیشی لە ژیانی سیاسیدا نەنواند، زۆری پێ نەچوو پوکایەوەو لە پاش خۆی هیچی بەجێ نەهێشت.

## پارێزگاری (هەرێم)

هێزی پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. مێژوی پێکهێنانی بۆ هاوینی ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە، کاتێك بارەگای سکرتێری گشتیو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە شێوەیەکی کاتی لە چیای قەندیل دانراو هەلومەرجەکە پێویستی کرد ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ناوچەی بارەگاکان بە هێزێکی دیاریکراو بسپێردرێ. لە سەرەتادا ئەرکەکە بەو هێزە سپێردرا کە حاجی شێخە بنزیریی حاجی ئۆمەرانی لێپرسراوەتیی دەکرد. بەڵام تا ئەو کاتە وەك «هەرێم» مامەڵە لەگەڵ هێزەکەدا نەدەکرا.

دواتر، ئەرکەکە بەحاجی کاك ئەحمەدی پشتئاشانی سپێردراو لە لێپرسراوەتیی ئەو بەدواوە دەستەواژەی «هەرێمی پارێزگاری» بەکار هێنرا. لە ڕوی کردارەکییەوە، هەرێمەکە جیا لەهەموو هەرێمەکانی دیکەی هێزی پێشمەرگە، سنورێکی جوگرافیی دیاریکراوی نەبوو. لەو ماوەیەی کە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چیای قەندیل بون، ئەرکی هێزەکە دابین کردنی ئاسایشی بارەگاکان بوو لە چیای قەندیل.

لە کۆتایی ساڵ بارەگاکانی سەرکردایەتی گوێزرانەوە بۆ ناوزەنگو ژمارەی پێشمەرگەکانی هەرێمەکە گەیشتە دەوروبەری ٢٠٠ پێشمەرگە کە بەسەر ١٤ کەرتدا دابەش کرابون. کەرتەکان بەسەر ناوزەنگ، زەڵێ، شێنێو بێدەلاندا دابەش کرابون. بە کردەوە سنوری هەرێمەکە بەشێکی سنوری هەرێمی ٦ی پشدەری پێکهێناوە.

هاوینان لەگەڵ گواستنەوەی بارەگاکانی سەرکردایەتی بۆ گوندی توژەڵە، بەشێکی هێزەکە لە توژەڵە دادەمەزرا، بەتایبەتی کەرتی ١و٢ی هەرێمەکە.

هێزی پێشمەرگەی هەرێمی پارێزگاری لە چەند شەڕێکدا بەشدار بووە لەوانە شەڕی ٩ ڕۆژەی شێنێ لە ساڵی ١٩٧٨، شەڕی بەستەستێن لە ساڵی ١٩٧٩و شەڕی مامەندە لە ساڵی ١٩٨٠، هەروەها لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا لە ساڵی ١٩٨٢ ڕۆڵێکی دیاری هەبوو.

لە ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکانو کارکردن بەسیستمی تیپەکان، چیتر دەستەواژەی هەرێمی پارێزگاری بەکار نەهێنرا بەڵام ئەو هێزانەی کە جاران هەرێمی پارێزگارییان پێکدەهێنا، پاش هەڵوەشانەوەی هەرێمەکان هەمان ئەرکیان هەبوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢و سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ بارەگاکانی سەرکردایەتیو بنکە سەرەکییەکان لەبەر مەترسییەکانی شەڕی عیراق- ئێران بڵاوەیان پێ کراو بەم پێیە، بارەگای سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بارەگای یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و چاپخانەکان و ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانو نەخۆشخانە بەسەر ناوچەکاندا دابەش کران. بەمجۆرە، هێزەکانی هەرێمەکەش بڵاوەیان پێ کراو لە بەشێکیان هێزێك بۆ پاراستنی بارەگای سکرتێری گشتی پێك هێنرا کە پێکهاتەکەی و ژمارەی پێشمەرگەکانی و شوێنی بارەگاکانی بەپێی هەلومەرجەکە لە گۆڕاندا بوو. دوایین بارەگای هێزەکە لەگوندی یاخسەمەری دۆڵی جافایەتی بوو.

## پاریس (رێککەوتننامە)

رێککەوتننامەیەکە لە ساڵی ١٩٩٤ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە یارمەتی و هاندانی حکومەتی فەرەنسا، لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا پێی گەیشتون و هەوڵ دراوە تێیدا کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بهێنرێ. وتووێژ لە نێوان هەردولا لەسەر داوای حکومەتی فەرەنسا لەپاریس بەڕێوە چووەو تێیدا حکومەتی فەرەنسا رۆڵی ناوبژیوانو مشورخۆری پرۆسەی ئاشتیی گێڕاوە.

هەر یەك لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان داوەتنامەیان لە حکومەتی فەرەنسا پێ گەیی بۆ کۆبونەوە لە پاریس و دەستپێکردنی خولێکی تری وتووێژ بە سەرپەرشتیی فەرەنسا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیانو دانانی بناغەیەکی پتەو بۆ پەیوەندییەکی جێگیر.

یەکێتیی نیشتمانی زوتر رەزامەندیی نیشانداو دواتر پارتی دیموکراتیش وەڵامێکی ئەرێنیی فەرەنسای دایەوە. بەم پێیە، یەکێتی شاندێکی بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفاو ئەندامەتیی هەر یەك لەدکتۆر فوئاد مەعسوم و دارۆ شێخ نوریو قادر حاجی عەلیو دکتۆر بەرهەم ساڵح پێك هێنا. شاندی پارتیش بەسەرۆکایەتیی سامی عەبدولڕەحمان و ئەندامەتیی هەر یەك لە موحسین دزەییو هۆشیار زێباریو رۆژ نوری شاوەیس پێك هات. حکومەتی تورکیا ئەرکی گواستنەوەی هەردوو شاندی بۆ دیاربەکر گرتە ئەستۆو لە١٢ی تەموزدا دوو هەلیکۆپتەری نارد، یەکێکیان لە هەولێر نیشتەوەو ئەندامانی شاندی یەکێتیی نیشتمانیی هەڵگرت و ئەوی تر لەسەری رەش نیشتەوەو ئەندامانی شاندەکەی پارتی دیموکراتی گواستەوە. هەلیکۆپتەرەکان شاندەکانیان گەیاندە دیار بەکرو هەر ئەو رۆژە شاندەکان لەوێوە چون بۆ ئەنکەرە.

لە١٥ی تەموزدا هەردوو شاند گەیشتنە پاریس. لە فڕۆکەخانەی چارل دیگۆل باڵیۆز بێرنارد دۆران راوێژکاری دپلۆماتیکی سەرۆکی فەرەنساو کەندال نزان سەرۆکی ئەنستیتۆتی کورد لە پاریس،



پێشوازییان لە ئەندامانی هەردوو شاند کردو لە کۆشکی فرانسوای یەکەم میوانداریان کردن.

لە ڕۆژانی ١٦-٢٢ی تەموزی ١٩٩٤ شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆ بونەوەو بە سەرپەرشتیی فەرەنسا گەڵاڵەی ڕێککەوتننامەیەکیان لە شەش چاپتەر داڕشت. لە چاپتەری یەکەمدا بڕیار لەسەر ئامادەکردنی پرۆژەی دەستور پێش تشرینی یەکەمی ١٩٩٤و پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافیو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی لە ئایاری ١٩٩٥و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانی دراوە. لە چاپتەری دووەمدا بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی هێزی پێشمەرگەو هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانو ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس دراوە. لە چاپتەری سێیەمدا بڕیار لەسەر گەڕانەوەی داهاتی گومرگ بۆ سەر بودجەی حکومەتو ڕێکخستنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی گومرگ دراوە. لەچاپتەری چوارەمدا هەردولا لەسەر پرنسیپە گشتییەکانی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێو ڕێکخستنەوەی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوەی وڵات ڕێك کەوتون. لەچاپتەری پێنجەمدا خشتەی کات بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە دیاری کراوەو چاپتەری شەشەم بۆ واژۆکردنی هەردوو کۆپیی ئینگلیزیو فەرەنسیی ڕێککەوتننامەکە تەرخان کراوە.

لە کۆبونەوەکاندا چەند شارەزاو پسپۆڕێك بەشدار بون لەوانە جیرار شالیان، مارك کەڤین، نوسەر لە ڕۆژنامەی «لیبراسیون»و بێرنارد کۆشنەر، وەزیری پێشوی کاروباری مرۆڤایەتی لە فەرەنسا.

لە٢٢ی تەموزی ١٩٩٤ سەرۆکی شاندی یەکێتیی نیشتمانی نەوشیروان مستەفاو سەرۆکی شاندی پارتی دیموکرات سامی عەبدولڕەحمان، بە ئامادەبونی باڵیۆز بێرنارد دوران، کەنداڵ نزان و دکتۆر نەجمەددین کەریم سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کورد (knc)، ڕێککەوتننامەکەیان بە شێوەیەکی سەرەتایی واژۆ کردو بڕیاریش درا لەدەرفەتێکی نزیکدا سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەلال تاڵەبانی و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی لە پاریس لەڕێو ڕەسمێکدا بەئامادەبونی سەرۆکی کۆماری فەرەنسا فرانسوا میتران واژۆی بکەن.

ڕێککەوتننامەی پاریس بە دیکۆمێنتێکی گرنگ بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری هەرێمی کوردستان و دابین کردنی سەقامگیری تێیدا دادەندرێ، بەتایبەتی کەیەکێ لەدەوڵەتە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە فەرەنسایە، ئامادەیی دەربڕی بوو گەرەنتیی جێبەجێ کردنی بکات. تالەبانی رایگەیاند کە ئامادەیە لەپاریس ڕێککەوتننامەکە واژۆ بکات. بەڵام تورکیا زۆر دژی ڕێککەوتنەکە وەستایەوە چونکە نەیدەویست مەسەلەی کورد دورنمایەکی نێودەوڵەتی وەرگرێو دەوڵەتێکی گرنگی وەك فەرەنسا سەرپەرشتیی ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کورد بکات. لە ناو هەرێمی کوردستانیش هەندێ لایەن زۆرتر گرەویان لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی ململانێکە و زیادکردنی گوشاری داراییو فاکتەری بەکارهێنانی هێز دەکردو نەیاندەویست بگەڕێنەوە سەر ئەزمونی پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا.

هەرچەند بڕیار وابوو تێکستی ڕێککەوتننامەکە تا ئەو کاتەی تاڵەبانیو بارزانی لە پاریس واژۆی دەکەن بەنهێنی بمێنێتەوە، بەڵام تێکستەکە کەوتە دەست حکومەتی تورکیاوە. تورکیا هەرایەکی زۆری دژی ڕێککەوتننامەکە نایەوەو کۆپیی لێ دایە ئێرانو سوریاو داوای کۆبونەوەی سێقۆڵیی بۆ یەکخستنی هەڵوێست کرد لە دژی ڕێککەوتننامەکە. هەڵوێستە توندەکەی تورکیا

فەرەنسای ناچار کرد لە بانگهێشت کردنی تاڵەبانیو بارزانی بۆ پاریس پەشیمان ببێتەوە. بە هۆی ئەمەوە دەرفەتێکی گرنگ بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆو گێڕانەوەی ئاشتی بۆ هەرێمی کوردستان بەفیرۆ چوو.

## پاشکۆ

## دەقی رێککەوتننامەی پاریس لە نێوان نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان

رۆژانی ١٦-٢٢ی تەموزی ١٩٩٤ هەردوو شاندی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیانو وتووێژکردن لەسەر بارودۆخی ئێستاو دوارۆژی کوردستانی عیراق، لەفەرەنسا کۆ بونەوە.

یەکەم: رێکخستنی دەسەڵات

لەمەولا کوردستانی عیراق بەپێی سیستمێکی دیموکراتی بەڕێوە دەبرێ. ئەمەش فرە حزبیو رێزگرتنی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤو مافی کەمینە نەتەوەییو ئاینییەکان دەستەبەر دەکات.

یەك-سەرۆکایەتیی کوردستانی عیراق:

ا-سەرۆکی هەرێم بۆ ماوەی چوار ساڵ بەدەنگدانی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێو بەپێی یاسای ژمارە ٢ دەسەڵاتی دیاری دەکرێ. ناوی رابەریش دەگۆڕدرێ بە سەرۆك.

ب-پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کە لە یاسای ژمارە ٢دا هاتون، تاوتوێ دەکا. ئەم ئەنجومەنە لە سەرەك وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان)و سەرۆکی دادگای تەمییز پێکدێت و بڕیاردانی بەکۆی دەنگ دەبێ.

ج-پەرلەمان ئەم هەنگاوانە بە دەنگدان پەسند دەکات.

دوو-حکومەت:

ا- تا سازدانی هەڵبژاردنی داهاتوو، حکومەتێکی ئیئتیلافی هەرێمی کوردستانی عیراق بەڕێوە دەبات.

ب- ئەم حکومەتە بەرفراوان دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو گروپانەش بگرێتەوە کە لە پەرلەماندا نین وەك حزبە سیاسییەکان و کەمینە نەتەوەییەکان و کەسانی بێلایەن.

ج- بڕیاردان لە ناو حکومەت و وەزارەتەکاندا بەبێ دەستێوەردانی حزبە سیاسییەکان دەبێ.

د- دوای لێکۆڵینەوەیەکی گونجاو، رێکخستنەوەی حکومەت دەست پێدەکاو لەم روەوە پسپۆڕیو شارەزایی لە بەرچاو دەگیرێت، بە مەبەستی پێکهێنان یان هەڵوەشاندنەوەی هەندێ وەزارەتو خۆسازدانی باشتر بۆ فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی هەرێم.

هـ- ئەم دامودەزگایانە پێك دەهێنرێن:

- ئەنجومەنی خزمەتی مەدەنی کە بەرپرسیار دەبێ لە دامەزراندنی کارمەندان لەسەر بنەمای لێهاتوییو پسپۆری نەك لەسەر بنەمای حزبایەتی.

- دیوانی چاودێریی دارایی کە بەرپرسیار دەبێ لە پێداچونەوەی بەڕێوەبردنی دارایی هەرێم.

- ئەنجومەنی پلاندانان کە بەرپرسیار دەبێ لەدانانی پلانی ئابوری بۆ هەرێم و بایەخدان بەپەرەپێدانی.

- پێویستە لەپێکهێنانی حکومەتی نوێدا سپاردنی ژمارەیەك پۆستی وەزاریی هەستیار بە هەردوو حزبە سەرەکییەکە، بەپێی پرنسیپی هاوسەنگی، لەبەرچاو بگیرێت.

- هەر وەزیرێك دەسەڵاتی خۆی بەو جۆرەی کە یاسا پێی داوە، لە بەڕێوەبردنی وەزارەتەکەیدا پەیڕەو دەکات. بریکاری وەزیریش کارەکانی خۆی بەپێی ئەو دەسەڵاتە بەڕێوە دەبات کەوەزیر بەپێی یاسا پێی دەبەخشێ.

- دەزگای بەڕێوەبردنی ئێستای کوردستانی عیراق

ساغی کردۆتەوە کە دەزگایەکی بێ توانایەو پێویستی بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە هەیە بە شێوەیەکی گشتیو بە سەرپەرشتیی ئەنجومەنی وەزیران. دەبێ کارمەندان بەپێی تواناو شارەزایی دابمەزرێنرێن نەك بەپێی ئینتیمای سیاسی. کارمەندانیش پێویستیان بەموچەی باش هەیە بۆ ئەوەی گەندەڵیی کارگێڕی قەڵاچۆ بکرێو دەزگایەکی بەڕێوەبەری بەتواناو شارەزا بێتە کایەوە.

سێ - دەستور:

دەبێ دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێ و لەم ڕووەوە دەبێ ئەنستیتوتی کورد پسپۆڕانی دەوڵەتە فیدراڵەکان بانگهێشت بکاو کۆیان بکاتەوە بۆ ئەوەی پێش مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤ پڕۆژەی دەستور ئامادە بکەن و پێش کۆتایی ساڵ (١٩٩٤) پڕۆژەکە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان) بۆ پەسندکردنی.

چوار - هەڵبژاردن:

ا- دوای تەواوبونی ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان، لە ئایاری ساڵی ١٩٩٥ هەردوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی ئەنجام دەدرێن.

ب- پێویستە پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ پێش هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ.

ج- بۆ ئامادەکردنی لیستی دەنگدەران بە شێوەیەکی ڕاستو دروست، دەبێ سەرژمێری دانیشتوان پێش هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ.

د- پێویستە ژمارەیەکی زۆری چاودێرانی بیانی سەرپەرشتیو چاودێریی هەڵبژاردن بکەن.

هـ-پێویستە ڕابەرانی حزبەکان لەبەردەم ڕای گشتیی ناوخۆو جیهان بەڵێن بدەن کە ئەنجامی هەڵبژاردن هەرچییەك بێ پەسند دەکەن.

ز- هەرچییەك بێ ئەنجامی هەڵبژاردن، حکومەتێکی ئیئتیلافی لەبەر ڕۆشنایی تەرازوی نوێی هێز، واتە بەپێی ڕێژەی نوێنەرانی هەر حزبێك لە ناو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، پێکدێ.

ح- هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەپێی یاسا ئەنجام دەدرێ. کاتی ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو حزب دیاری دەکرێ.

دووەم: سوپاو ئاسایشی هەرێم

یەك:

ا- دەرکەوتووە کە سیستمی ئێستای بەرگریی نیشتمانی سیستمێکی بێ توانایەو پێویستە بە شێوەیەکی فراوانتر سەرلەنوێ ڕێك بخرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە دەستەیەکی ستاد جێی وەزارەتی پێشمەرگە بگرێتەوە. ئەم دەستەیەش لەئەفسەرانی گەورە پێکدێو ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵات و چاودێریی سەرەك وەزیران و جێگری سەرەك وەزیراندا دەبێ.

ب-پێویستە سوپایەکی تەواو یەکگرتوو لە خزمەتی حکومەتدا بێو بەرپرسیارێتیی پاراستنی هەرێمی کوردستانی عیراقی لە ئەستۆدا بێ.

ج-لەم قۆناغەدا پێویستە ژمارەی هێزی پێشمەرگە زۆر کەم بکرێتەوە و بگاتە ئەو ڕادەیەی کە هەردولا پێکەوە لەسەری ڕێك دەکەون.

د-هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان بەپێی خشتەیەکی کات کە هەردولا بەهاوبەشی لەسەری ڕێك دەکەونو پێویستە خزمەتگوزاریی بیمەی کۆمەڵایەتی چەکدارانی میلیشیاکان بگرێتەوە.

هـ-بۆ ئەوەی خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەکردەوە جێبەجێ بکرێن، پێویستە کەڵك لە ئەزمونو شارەزایی بیانی وەربگیرێ.

دوو-هێزی پۆلیس و ئاسایش:

ا-سەرلەنوێ و بەپەلە هێزی پۆلیسو ئاسایش ڕێك بخرێتەوەو بە تەواوی بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتەوە چونکە ئەمە بایەخێکی زۆری هەیە و

سەلامەتیی خەڵك و مومتەلە كاتی هەرێم دابین دەكات.

ب-پێویستە پرۆسەی سەرلەنوێ رێكخستنەوە بەسەرپەرشتیو لێپرسراوێتیی ئەنجومەنی وەزیران بێ. ئەمەش پێویستی بەتوانای تەكنیكیو دارایی هەیە. پێویستە هێزی پۆلیس و ئاسایش مەشق و موچەی تەواویان هەبێ تا بتوانن بەتەواوی بەرێكوپێكی پابەندی ئەركەكانیان بن.

ج-كۆلیجی پۆلیس بۆ مەشق پێكردنی پۆلیسو ئاسایش دابمەزرێنرێ.

د-هێزەكانی پۆلیسو ئاسایش لەسەر پرنسیپەكانی هەڵسوكەوتی مەدەنیو دیموكراسیو رێزگرتنی مافەكانی مرۆڤو دڵسۆزییان بۆ حكومەت، مەشقی تایبەتیان پێ بكرێ.

هـ-پسپۆرانی بیانی بۆ یارمەتیدانی هێزە چەكدارەكان، بەتایبەتی لە بواری تەكنیكیو مەشقو راهێناندا، بانگهێشت بكرێن.

ز-بەپەلە خشتەیەكی كات بۆ دیاری كردنی رادەو قۆناغەكانی سەرلەنوێ رێكخستنەوە دابنرێو كۆنفرەنسێكیش بۆ هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش پێش كۆتایی هاتنی مانگی ئاب ببەسترێ تاكو خشتەی كاتو شێوازەكانی ئاڵوگۆڕ دەستنیشان بكات.

ح-ئەو دەزگاو دامەزراوەو كارمەندانەی كە لە ناو پۆلیسو ئاسایش سەر بەحزبەكانن، پێویستە بۆ دەزگا خزمەتگوزارییەكانی تری حكومەت بگوازرێنەوەو دەبێ وەرگرتنی پۆلیسو ئاسایش بە شێوەی سەربازگیری بێتو دەرچوی زانكۆكانو پسپۆران دوای مەشق كردن، لەدەزگاكانی پۆلیس و ئاسایش وەربگیرێن.

سێیەم: ئابوریو دارایی

ا-لە سۆنگەی خراپیی رەوشی ئابوریی كوردستانی عیراقەوە كە بەدەم ئابڵوقەی دوولایەنەو ئاسەواری جەنگە یەك لە دوای یەكەكانەوە دەناڵێنێ، زیاتر لە رێژەی ٥٠٪ی خەڵكی بێكارن و ئەم رەوشە یەكێك لە هۆكانی ناكۆكییەكانی ئەم دواییە بووە. دوای سەقامگیربونی ئارامی لە هەرێمدا، پێویستە كۆمەكێكی نێودەوڵەتیی گەورە پێشكەش بكرێ.

ب-سوك كردنی ئابڵوقەی نەتەوە یەكگرتووەكان فاكتەری سەقامگیرییە تا بتوانرێ ئامێر و مەكینەی پێویست بۆ ژیاندنەوەو بوژاندنەوەی ئابوری دابین بكرێ، بەتایبەتی دابین كردنی پێداویستییە سەرەكییەكانی دانیشتوان لە بواری وزەدا.

ج-لەو روانگەیەوە كە دابەشكردنی كۆمەكە نێودەوڵەتییەكان لە رێی رێكخراوە ناحكومییەكانەوە بەرێوە دەچێ، حكومەت هیچ بەرنامەیەكی بۆ رێكخستن و پلانی ئابوری نیە. پێویستە حكومەتی هەرێم راستەوخۆ داوا لە وڵات و ئاژانسە فریاگوزارییەكان بكات راستەوخۆ بۆ ژیاندنەوەی ئابوریی هەرێم یارمەتیی بدەن.

د-ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان (پەرلەمان) بەزوترین كات یاسایەك بۆ دیاری كردنی دەسەڵاتو كاری رێكخراوە ناحكومییە ناوخۆییو بیانییەكان دەر بكات.

هـ-پێویستە داهاتی گومرگەكان بچێتە ناو بودجەی گشتییەوەو دەبێ حزبەكان حیساباتی هەموو ئەو داهاتانەی كە لە سەرەتای ئایاری ١٩٩٤وە چنگیان كەوتوە، رادەستی حكومەت بكەنەوەو پێویستە لەسەر حكومەت تا گومرگەكان بە تەواوی كۆنترۆڵ نەكات، بەهیچ جۆرێك بودجە بەحزبەكان نەدات.

ز-بەشی بەرێوەبەرایەتیی گومرگ سەرلەنوێ رێك بخرێتەوە. لە هەموو كەسانی بێ توانا پاك بكرێتەوەو كارمەندی پسپۆر بخرێتە شوێنیان و لەم روەوە دەبێ مەرجی شارەزاییو لێهاتویی بۆ ئەو كارمەندانە رەچاو بكرێو نابێ ئینتیمای سیاسی بكرێتە پێوەر.

ح-پێویستە بانكی هەرێم لە لایەن هێزی پۆلیسی

حکومەتەوە بپارێزرێ و نابێ حزبەکان کاریان بەسەرییەوە هەبێ.

چوارەم: پەیوەندیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی

یەکەم- پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ:

ا-حکومەتی کوردستان مافی پەنابەری بەهەموو کوردێکی ستەملێکراو دەدا بەو مەرجەی کە هیچ بارەگایەکی چەکدار لە ناو خاکی کوردستانی عیراق دانەنێتو لە سنورەوە هێرشی چەکدار نەکاتە سەر حکومەتە ناوەندییەکان.

ب-لە کاتێکدا کە بڕوامان بە پرنسیپی دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی کوردستانی عیراق و دەست تێوەر نەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دراوسێ هەیە، هەردولا پشتگیریی ڕێوشوێنی چارەسەرکردنی ئاشتییانەو دیموکراتییانەی مەسەلەی کورد دەکەن لەو وڵاتانەدا.

ج-هەر هاریکارییەك لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و حزبە سیاسییەکان دەبێ بۆ بەرژەوەندیی یەك لایەن بەکار نەهێنرێت، بەڵکو دەبێ بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد بێ لە کوردستانی عیراق. بۆ ئەم مەبەستە هەردولا ئاگاداری یەکتری دەکەن و هاریکاریی یەکتری دەکەن و خۆیان لە هەر دەستپێشخەرییەکی یەکلایەنە دەپارێزن کە لەسەر حیسابی کوردی وڵاتانی دراوسێ بێ.

دووەم-نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات:

ا- نوێنەری حکومەتی هەرێم نوێنەری فەرمیی حکومەتەو پێویستە لە بواری پەیوەندییەکانی دەرەوەدا هاوکاریی جێگرەکەی بکات.

ب- نابێ ئۆفیسە حزبییەکان دەست لە کاروباری نوێنەرەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم وەردەن.

ج- دامەزراندنی ئۆفیسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەو یارمەتیدانیان لە لایەن حکومەتەوە. لە قۆناغی بەراییدا هەردوو حزب پێداویستییەکانی ئەم ئۆفیسانە دابین دەکەن.

د- نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، ڕۆڵی یەکتری بە ڕێکوپێکی دەگێڕنو چاویان بەسەرکردایەتیی هەردوو حزب دەکەوێ.

هـ- سازکردنی سیمینارو کۆبونەوە بۆ نوێنەرەکانو ڕەخساندنی هەلی بەشداری کردنیان لە مەشق و خولی دیپلۆماتیدا.

ز- پێکهێنانی کۆمیتەیەکی باڵا لە پسپۆڕان و شارەزایانی سیاسەتی دەرەوە، تا حکومەتی هەرێم لە مەسەلەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەدا ڕاوێژی پێ بکات.

ح- دامەزراندنی ئۆفیس بۆ حکومەتی هەرێم لەنیوویۆرك و برۆکسل.

پێنجەم: خشتەی کات

ا- ئاسایی کردنەوەی دەستبەجێ.

ب- دەبێ پێش کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٩٥ حکومەتێکی نوێ و ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی پێك بێت.

ج- دەبێ لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ دا سەرژمێری دانیشتوان ئەنجام بدرێ و لیستی دەنگدەران پێش کۆتایی مانگی کانونی دووەم تەواو ببێ.

د- ئەو پسپۆڕو کەسایەتییانەی کە بەڕێز کۆشنەر بەڵێنی داوە بۆ کوردستان بیاننێرێ، دەبێ پێش ئەنجامدانی سەرژمێر بگەنە کوردستان.

هـ- دەبێ پسپۆڕان و چاودێرانی هەڵبژاردن پێش هەڵبژاردن و ئەگەر بکرێ پێش سەرەتای ساڵی ١٩٩٥، بگەنە کوردستان.

ز- دەبێ پرۆژەی دەستوری هەرێم بەیارمەتیی پسپۆڕان لە تشرینی یەکەم ئامادە بکرێ و پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان) بکرێ بۆ پەسندکردنی پێش کۆتایی ساڵی ١٩٩٤.

ح- پێویستە حکومەتی نوێ پێش کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ دام و دەزگا نوێکانی وەك ئەنجومەنی خزمەتی مەدەنی، دیوانی چاودێریی دارایی‌و ئەنجومەنی پلاندانان پێك بێنێ.

شەشەم: چاودێری‌و ناوبژیوانی

- لە٢٢ی تەموزی ١٩٩٤دا دەقی رێککەوتننامەکە بە هەردو کۆپیی ئینگلیزی‌و فەرەنسی، بە ئامادەبونی بەرێزان بێرنارد دۆران راوێژکاری دەوڵەتو باڵیۆزی فەرەنسا و کەندال نزان سەرۆکی ئەنستیتوتی کورد لە پاریس و دکتۆر نەجمەددین کەریم سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، واژۆ کرا. ئەم دیکۆمێنتانە جێی متمانەن.

- کۆمیسیۆنێکی چاودێری لە کەسایەتیی کوردو بیانی‌و راوێژکاران بۆ ناوبژیوانی‌و یەکلایی کردنەوەی بیرورا جیاوازەکان و رونکردنەوەو جێبەجێ کردنی ماددەکانی رێککەوتننامەکە پێکدێت.

- پێکهاتەی ئەم کۆمیسیۆنە پێش واژۆکردنی رێککەوتننامەکە لە لایەن هەردوو سەرکردەی کوردەوەو دوای راوێژکردن بە چەند حزبێك، دیاری دەکرێ.

**واژۆ:**

**نەوشیروان مستەفا سەرۆکی شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**سامی عەبدولڕەحمان سەرۆکی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان**

## پاسۆك

کورتکراوەی پارتی سۆشیالیستی کورد. حزبێکی ناسیۆنالیستی پان کوردستانییە کە میراتگرو درێژەپێدانی گروپی کاژیکە. ستراکتۆری سەرەکیی بیروباوەڕی ئەم حزبە پشت ئەستوورە بە کوردایەتییەکی نەتەوەپەرست و دژایەتی کردنی کۆمۆنیزم و بیری چەپ.

ئەندامانی پاسۆك پێیان وابوو بەشێکی گرنگی دواکەوتنی کورد لە ئەستۆی ئیسلام دایەو هەندێ لە توندڕەوەکانیان بەمجۆرە سەیری ئیسلامیان کردووە کە ئاینێکی بیانییە و لەو بڕوایەدا بوون کە پێویستە کورد بگەڕێتەوە سەر ئایینی نەتەوەیی خۆی کە ئاینی زەردەشتییە. ئامانجی کۆتایی حزبەکە دروستکردنی کوردستانێکی یەکگرتوو بوو.

ئەم حزبە نوێنەرایەتیی توێژە هەژارو کەمدەرامەت و نەخوێندەوارو نیمچە خوێنەوارەکانی شاری دەکرد.

پاسۆك لەگەڵ پەیدابوونی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا لە ساڵی ١٩٧٦، بە گیانی هەستکردن بە لێپرسراوەتیی نەتەوەیی و بەوپەڕی لەخۆبوردەییەوە بەشداریی لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا کردو چەند مەفرزەیەکی چەکداری پێکهێناو بارەگای لەهەندێ شوێن دانا. تا ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پەیوەندییەکی دۆستانە بوو، بەڵام پەیدابوونی وردە کێشە لە نێوان پێشمەرگەکانی هەردوولادا، گرژیی لە پەیوەندییەکاندا لێکەوتەوەو لە کۆتاییشدا گرژییەکان گەیشتنە ئاستی پێکدادانی چەکدار. لێرە بە دواوە پاسۆك کەوتە بەرەی نەیارانی یەکێتی و دواتریش لەگەڵ هەر یەك لەپارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو بە هاوپەیمان لە چوارچێوەی بەرەی جوددا.

ساڵی ١٩٨٧ پاسۆك بە پیر بانگەوازی ئاشتبوونەوەی گشتیی تاڵەبانییەوە چوو و لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاشت بۆوە و پشتیوانیی لە پرۆژەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کرد. ئەم حزبە هیچ کات لە پێشمەرگایەتیدا هێزێکی کاریگەری پێك نەهێناوە و تا هەڵوەشانەوەی لە ساڵی ١٩٩٣ زۆربەی هەرە زۆری ئەندامەکانی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بوون.

# پاکێجی حەوت خاڵی

پاکێجێکە لە کۆبونەوەی ٨ی ئەیلولی ٢٠١٧ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی پەکخراوی کوردستان و هاندانی هەر یەك لە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی کاراکردنەوەی پەرلەمان، ئامادە کراوە.

لە کۆبونەوەی سەرکردایەتیی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی لە ٥ی ئەیلول، نوێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕان سوربونی خۆیان لەسەر بایکۆت کردنی پرۆسەی کاراکردنەوەی پەرلەمان دوبارە کردەوە. لە ٧ی ئەیلولدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەستراو بابەتی سەرەکیی کۆبونەوەکە تاوتوێ کردنی بەشداری کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە کاراکردنەوەی پەرلەمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتوی ئیسلامی. کۆبونەوەکە بە دوو ئاراستەی جیاواز بەڕێوە دەچوو. ئاراستەی زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خوازیار بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەم و دەست و بەبێ هیچ گەرەنتی و رێککەوتنێکی پێشوەخت، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بکەوێتە گەڕو پێکەوە پەرلەمان کارا بکەنەوە، لە کاتێکدا ئاراستەی زۆرینەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، پشت بەست بە بڕگەی دووەمی سێکتەری هەشتەمی نەخشە رێگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکان و بڕیاری کۆبونەوەی ١٨ی حوزەیرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە مەرجی «کۆدەنگیی نیشتمانی»ی بۆ بەشداری لە کاراکردنەوەی پەرلەمان دانا بوو، پێی باش نەبوو پەرلەمان بەبێ بەشداریی بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کارا بکرێتەوە. پاش تاوتوێ کردنی وردەکاریی پرۆسەکە لە هەموو رویەکەوە، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێشنیاریان کرد دەرگاکە بە ڕوی بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیدا دانەخرێ و دەبێ چانسێکی تر بدرێتە هەوڵەکانی رازی کردنیان بە بەشداری کردن لە پرۆسەی کاراکردنەوەی پەرلەماندا. هەروەها بڕیار درا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەبێ رێککەوتنێکی پێشوەخت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە کاراکردنەوەی پەرلەماندا نەکات. لە رەوتی گفتوگۆکاندا بڕیار درا پاکێجێك ئامادە بکرێ هەموو ئەو بابەتانە لەخۆ بگرێ کە دەکرێ رێککەوتنی پێشوەختیان لەسەر بکرێ. لەم سەروبەندەدا پاکێجێکی حەوت خاڵی ئامادە کرا کە چەند بابەتێکی گرنگی لەخۆ گرت، لەوانە هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ کە بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم ناسراوە، لابردنی سیستمی پاشەکەوتی موچەی کارمەندان لە ڕێی یاسایەکی تایبەتەوەو دەستەبەرکردنی دانەوەی موچە پاشەکەوتکراوەکان، پەیکەرەبەندکردنەوەی ئەنجومەنی سندوقی داهاتە نەوتی و گازییەکان، بەشداری پێ کردنی دانیشتوانی ناوچە جێناکۆکەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا.

هەر لەو کۆبونەوەیەدا پێکهاتەی ئەو شاندە دەستنیشان کرا کە پێی راسپێردرا دوایین پەیامی یەکێتی سەبارەت بە کاراکردنەوەی پەرلەمان بگەیەنێتە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی. شاندەکە بە سەرۆکایەتیی شۆڕش ئیسماعیل و ئەندامەتیی جەمیل هەورامی، عەدنان محەمەد قادر، لەتیف عومەر، رێواز فایق، بێگەرد تاڵەبانی و هەرێم کەمال ئاغا پێك هات. دواتر هەندێ گۆڕانکاری بەسەر شاندەکەدا هات. هەرێم کەمال ئاغا و رێواز فایق کشانەوەو بڵێسە جەبار فەرمانی بۆ زیاد کرا، بەڵام ئەویش دواتر لە شاندەکە کشایەوە. کۆبونەوەکە بڕیاریدا شاندەکە پاکێجە حەوت خاڵییەکە لەگەڵ خۆی ببا بۆ کۆبونەوەی لەگەڵ هەر یەك لە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی. هاندەر ئەوە بوو کە پاکێجەکە لە

بنەڕەتدا هەندێ لەو داخوازییانەی لەخۆ گرتبوو کە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بانگەشەیان بۆ دەکرد، بۆیە پێشبینی دەکرا پاکێجەکە دۆخێکی ئومێدبەخش لە کۆبونەوەکاندا دروست بکا.

لە ٨ی ئەیلولدا شاندەکە سەردانی مەکۆی گۆڕانی کردو لەگەڵ شاندێك بە سەرۆکایەتیی جەلال جەوهەر کۆ بۆوەو رۆژی دواتریش لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵی ئیسلامی کۆ بۆوە. هەردوو کۆبونەوەکە بە دوو کۆبونەوەی ئومێدبەخش دانران.

لە ١٠ی ئەیلولدا لەکۆبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، پارتی دیموکراتی کوردستان رەزامەندیی لەسەر پاکێجە حەوت خاڵییەکە نیشاندا. هەر لەو کۆبونەوەیەدا نوێنەرانی یەکێتی پێشنیاریان کرد کۆبونەوەیەکی سێقۆڵی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە هەولێر ئەنجام بدرێ. ئێوارەی هەمان رۆژ، مەروان گەلاڵی سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمان رەزامەندیی کۆمەڵی ئیسلامیی لەسەر پاکێجە حەوت خاڵییەکە نیشاندا.

لە ١١ی ئەیلولدا شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر لەگەڵ شاندی کۆمەڵی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی عەلی باپیر کۆ بۆوە. لەو کۆنفرەنسە رۆژنامەوانییەی کە پاش کۆبونەوەکە ساز کرا، وتەبێژی یەکێتی سەعدی ئەحمەد پیرە رایگەیاند کە گفتوگۆیەکی «باش» لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی کراوەو وتی کۆبونەوەیەکی سێقۆڵی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان بەرێوەیەو هیوای خواست بگەن بە «ئەنجامێکی سەرکەوتوو». بە نۆرەی خۆی عەبدولسەتار مەجید، ئەندامی ئەنجومەنی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی، وتی پاکێجە حەوت خاڵییەکەی یەکێتی «هەموی خاڵی باشن».

لە ١٢ی ئەیلولدا دوو کۆبونەوەی سێقۆڵی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر بەڕێوە چوو. یەکێکیان لە نێوان یەکێتی و پارتی و گۆڕان و ئەوی تر لە نێوان یەکێتی و پارتی و کۆمەڵی ئیسلامی. کۆبونەوەی سێقۆڵیی یەکێتی و پارتی و گۆڕان، بە سەرۆکایەتیی مەلا بەختیار لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، رۆژ نوری شاوەیس لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو جەلال جەوهەر لە لایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە بەڕێوە چوو. پاش کۆبونەوەکە مەلا بەختیار لە کۆنفرەنسێکی رۆژنامەوانیدا بە ناوی هەر سێ لایەنی بەشداری کۆبونەوەکەوە دواو وتی« کۆبونەوەکەمان مێژویی و گرنگترین کۆبونەوەی هەر سێ لایەن بوو، بەرپرسیارانە گفتوگۆمان کردو بۆچونەکانمان هاوبەش بون. بەرنامەی کۆبونەوەکەش لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان و ریفراندۆم و کۆی بابەت و روداوەکانی ناوچەکەو پاکێجە حەوت خاڵییەکەی یەکێتی بوو. لە کۆبونەوەمان لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، پاکێجە حەوت خاڵییەکە پەسند کراو لە کۆبونەوەمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پاکێجەکە واژۆ کرا».

بە شێوەیەکی گشتی، پاکێجە حەوت خاڵییەکە رۆڵێکی پۆزەتیڤی لە کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر مێزی گفتوگۆو خێراکردنی پرۆسەی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان گێڕاوە.

## پرۆتۆکۆلی هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان

پرۆتۆکۆلی ئاشتبونەوەو هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٦ کە کۆتایی بە ناکۆکییەکانی نێوان هەردولا هێناو رێخۆشکەریش بوو بۆ هاندانی

لایەنەکانی تری بەرەی جود بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

پەیوەندیی نێوان حزبی سۆسیالیست و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٣ وە پچڕا بوو و لە هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا شەڕی میدیاییشی تێکەوتبوو. شەڕەکان بەو سەرەنجامە گەیشتبون کە هێزەکانی حزبی سۆسیالیست لە زۆربەی ناوچەکان دور خرابونەوەو بارەگاکانیان بۆ سەر سنورو بۆ ناو خاکی ئێران گواستبۆوە.

پرۆسەی ئاشتبونەوەی هەردولا بە چەند خولێکی دانوستاندا تێپەڕیوە. پاش بانگەوازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئاشتبونەوەی گشتی، کۆمیتەی ناوەندیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە کۆبونەوەکانی ١٣-١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٨٥دا لە گوندی کاولان بڕیاریدا بە پیر بانگەوازەکەوە بچێ. بۆچونەکانی کۆبونەوەکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە لە سەرەتادا محەمەد شاکەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، سەردانی بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکاو دواتر حزب لەبەر رۆشنایی ئاکامەکانی ئەو سەردانە، بڕیاری ناردن یان نەناردنی شاند بدات. لە ئەنجامدا هەندێ کۆنتاکتی سەرەتایی هاتە ئاراوەو لەم سەروبەندەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ تۆکمەکردنی ئارەزوی ئاشتبونەوە لە ناو حزبی سۆسیالیست، دەستپێشخەریی کردو وریا براخاس و عەلی کەمالی بۆ کاولان نارد. بەم هەنگاوە ویستی پێداویستییەکانی چونی نوێنەرێك یان شاندێکی حزبی سۆسیالیست بۆ یاخسەمەر کە بارەگای سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو، فەراهەم بکات.

لە ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٨٦ دا محەمەد شاکەلی لە کاولانەوە بەرەو یاخسەمەر لە دۆڵی جافەتی بەڕێ کەوت و ئێوارەی ئەو رۆژە گەیشتە ئەوێ. لە یاخسەمەر تاڵەبانی بە گەرمی پێشوازیی لێ کرد. رۆژی دواتر، کۆبونەوەی دوقۆڵی لە نێوانیان دەستی پێ کرد. ئەو کۆبونەوەیە رێی بۆ تواندنەوەی بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا خۆش کرد. لە ١٢ کانونی دووەمدا کۆبونەوەیەکی دیکە لە یاخسەمەر بە ئامادەبونی نەوشیروان مستەفا و نازم عومەر دەباغ لەگەڵ شاکەلی ئەنجام دراو وردەکاریی پرۆژەی ئاشتبونەوەی هەردولای تێدا تاوتوێ کرا. لە ١٧ی کانونی دووەمدا شاکەلی کۆتایی بە کارەکانی هێنا، گەڕایەوە بۆ کاولان و ئەنجامی وتووێژەکانی بە سەرکردایەتیی حزبەکەی راگەیاند. ئەم سەردانەی شاکەلی رۆڵێکی گەورەی لە رێخۆشکردن بۆ لێك نزیکبونەوەی هەردولاو ئاشتبونەوەیان هەبوو.

لە کۆتایی هەمان مانگدا، حزبی سۆسیالیست شاندێکی پایە بەرزی بە سەرۆکایەتیی محەمەد شاکەلی و ئەندامەتیی هەر یەك لە عەبدولخالق هەورامی، ئامانج شاکەلی و محەمەد کەوچکتاشی و برایم گەرمیانی بۆ ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دۆڵی جافایەتی ناردو لە گوندی یاخسەمەر لەگەڵ تاڵەبانی کۆبۆوە. سەردانەکە سەرکەوتوو بوو لە سەقامگیرکردنی لێك تێگەیشتنەکەو فەراهەم کردنی کەشێکی لەبار بۆ کۆبونەوەی سێیەم.

لە ١٨ی نیساندا شاندێکی تری حزبی سۆسیالیست کە لە قادر جەباری، محەمەد شاکەلی و محەمەد رەحیم ناسراو بە خاڵە حاجی پێك هاتبوو، سەردانی دۆڵی جافایەتیی کردەوەو لە بەرگەڵوو لەگەڵ شاندێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم و ئەندامەتیی فەرەیدون عەبدولقادرو نازم عومەر دەباغ کۆبۆوە. هەردولا درێژەیان بە وتووێژەکانی پێشوو داو توانییان هەنگاوی هەراوتر بۆ

پێشەوە هەڵبهێنن. لە وتووێژەکاندا هەردولا جەختیان کردەوە سەر ئاشتبونەوەو چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێی دایەلۆگەوەو کارکردن بە گیانی هەست کردن بە لێپرساوەتیی نیشتمانی. دانوستانەکە لە ٢٤ی نیساندا بە واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی هاوکاری کۆتایی هات کە ئەمەش ڕێی بۆ پەیوەندییەکی سەقامگیر لە نێوان هەردولادا خۆش کردو یەکێتیی نیشتمانیی هاندا بەردەوام بێ لەسەر هەوڵەکانی بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ لایەنەکانی تری بەرەی جود.

بایەخی ئەم پرۆتۆکۆلی هاوکاری و ئاشتبونەوەیە لەوە دایە کە یەکەم پرۆتۆکۆلی ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لەگەڵ لایەنێکی دامەزرێنەری بەرەی جود. گرنگیی پرۆتۆکۆلەکە لەوەدا دەردەکەوێ کە دوا بە دوای واژۆکردنی پرۆتۆکۆلەکەو کۆتایی هاتنی دۆخی گرژی نێوان هەردولا، ڕێ بۆ ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی بەرەی جود کرایەوە. ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر فەراهەم کردنی هەلومەرجێکی لەبار بۆ هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی بەرەی کوردستانی هەبوو.

لە هەمان ساڵدا کۆبونەوەی لوتکە لە نێوان سەرکردەی هەردوو حزب لە گوندی یاخسەمەر لە دۆڵی جافایەتی بەڕێوە چوو کە تێیدا هەردولا گەیشتن بە سازان لەسەر چەردەیەك مەسەلەی گرنگ. لە ١١ی تەموزی ١٩٨٦دا شاندێکی حزبی سۆسیالیست بە سەرۆکایەتیی ڕەسول مامەند سەردانی دۆڵی جافایەتیی کردو ریزە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی ئەنجام دا. لە ١٤ی تەموزدا دانوستانەکە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشی لێ کەوتەوە کە تێیدا هەردولا بە بایەخێکی زۆرەوە مەسەلەی «تەبایی»ی نێوان لایەنە سیاسییەکانیان هەڵسەنگاندو جەختیان کردە سەر پێویستیی «بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆ»، هەروەك هاوڕاش بون لەسەر بایەخی کۆبونەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان لە ژێر چەتری بەرەی کوردستانی. لەولاشەوە هەردولا لە ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکەدا پێیان لەسەر یەکخستنی هەوڵەکان بۆ «پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی فراوانی عیراقی» داگرت. هەر لەو ڕاگەیەندراوەشدا هەردولا جەختیان کردەوە سەر ئەوەی کە دەبێ «پەیوەندیی دوقۆڵیی هەردوولا پتەوترو قوڵتر گەشە بکا»، سەرباری گەیشتن بە سازان سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی گرنگی وەك «یەکخستن»ی دامودەزگاکانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

## پاشکۆ

## ڕاگەیەندراوی کۆبونەوەی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان

لە ڕۆژانی ١١و ١٢و ١٣ی تەموزی ١٩٨٦دا لەبەر ڕۆشنایی پرۆتۆکۆلی مۆرکراوی هاوکاریی نێوان حزبی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ مام جەلال و وەفدی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ ڕەسوڵ مامەند لە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەندین کۆبونەوەی هاوبەشیان بۆ پتەوکردن و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا کرد.

لەو کۆبونەوانەدا، لە دۆخێکی دۆستایەتی و هەست کردن بە مەسئولیەت بەرامبەر بە بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمان، باسی باری گشتیی ناوچەکە، عیراق و کوردستان کراو پاش تاوتوێ کردنی هەموو باسەکانی

تایبەت بەم مەسەلانە، گەیشتینە ئەو بۆچونە هاوبەشەی کە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان مەسەلەی تەبایی نێوانیان و بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆ بکەنە بەردی بناغەی سیاسەتی ئەمڕۆیان روو لە بەدیهێنانی بەرەی کوردستانی لەسەر ئەساسی بڕیاری سەربەخۆی کورد بۆ سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی گەلەکەمان لە بەرەنگاریی رژێمی فاشیستی بەغدا کە دەیەوێ نەتەوەکەمان لە ناو بەرێ و روخساری نەتەوایەتیی کوردستان بسڕێتەوە. بۆ هێنانە دیی ئامانجەکانی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسین، دەبێ هەردولا هەوڵ و کۆششی خۆیان یەکخەن بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی فراوانی عیراقی لە پێناوی روخاندنی رژێمی فاشیستی بەغداو دامەزراندنی حوکمێکی ئیئتیلافیی دیموکرات کە کێشە ئەساسییەکانی عیراق چارەسەر بکا، لە پێش هەموویانەوە کۆتایی هێنان بە جەنگی عیراق- ئێران بە سولحێکی عادیلانە لەسەر ئەساسی پاراستنی مافی رەوای هەردولاو چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی بنچینەیی.


پێویستە پەیوەندیی دوقوڵیی هەردولا پتەوتر و قوڵتر گەشە بکا و بۆ یەکخستنی دامودەزگاکانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چەندین هەنگاوی عەمەلی لە بواری شۆڕشدا داڕێژرا.

بەمجۆرەو بۆ زیاتر رێکخستن و قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردولا، بڕیار درا کۆبونەوەی دەوریی هاوبەش بکرێ.

**حزبی سۆسیالیستی کوردستان**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**١٩٨٦/٧/١٤**

## پزیشکی شۆڕش

دەستەواژەیەکە لە مانا فراوانەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو کادیرانە دەکا کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩١دا لە



پێشمەرگایەتیدا خزمەتگوزاریی پزیشکییان پێشکەش کردووە. دەستەواژەکە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە پیشە پزیشك بون یان کارمەندی دامەزراوەیەکی پزیشکی یان بەدەستهێنەری بڕوانامەی پزیشکی بون و خزمەتگوزاریی پزیشکییان پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەو دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە کردووەو خودی خۆیشیان پێشمەرگە بون.

لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداردا لە ساڵی ١٩٧٦، ئاستەنگێکی زۆر لەبەردەم مەفرەزە سەرەتاییەکاندا بوو لە هەوڵەکانیاندا بۆ دابین کردنی پێداویستییە پزیشکییەکانیان. لەو قۆناغەدا کەمیی ژمارەی پزیشكو برینپێچ و کەمیی داوو دەرمانو ئامرازی پزیشکی و نەبونی شوێنی پێویست بۆ حەوانەوەی نەخۆش و برینداران کێشەیەکی گەورە بوو. ژمارەیەکی کەمی مەفرەزەکان پێداویستییەکانی فریاگوزارییە سەرەتاییەکانیان بۆ خۆیان دابین کردبوو. کادیرە پزیشکییەکان بە کۆڵەپشتی پڕ پێداویستیی فریاگوزارییە سەرەتاییەکان، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لەگەڵ مەفرەزەکاندا دەسوڕانەوە. نەبونی بنکەی جێگیرو بە ئەستەم پەیداکردنی دەرمان گەورەترین کێشەی ئەو سەردەمە بوو، سەرباری ئەوەی کە لەو قۆناغەدا هیچ پلانێکی ناوەندی بۆ دابین کردنی پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ هێزی پێشمەرگە نەبوو.

ساڵی ١٩٧٨ یەکەم خول بۆ دەرچواندنی چەند فریاگوزارێکی تەندروستی لە ناوزەنگ لەسەر دەستی دکتۆر جەعفەر شەفیعی، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، رێك خرا.

لە ساڵی ١٩٧٩دا روخانی رژێمی شا لە ئێران بەشێکی زۆری کێشەکانی کەمیی دەرمان و چارەسەرکردنی پێشمەرگەی نەخۆش و برینداری چارەسەر کرد. هەر لەو ساڵەدا خدر مەعسوم، لێپرسراوی لقی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە زەڵێ خولێکی ٢١ رۆژەی بۆ دەرچواندنی فریاگوزارانی تەندروستی کردەوە کە بووە مایەی دابین کردنی ژمارەیەکی نزیك لە بیست کادیری تەندروستی بۆ هێزی پێشمەرگە. هەر لەو ساڵە بە دواوە، ژمارەیەکی زۆرتری کادیری تەندروستی لە شارەکانەوە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. ژمارەیەکی دیکەی کادیرە نیشتەجێکانی ئەوروپاش، گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە ڕێی ئێرانەوە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوزەنگ و زەڵێ خزمەتگوزاریی پزیشکییان پێشکەش کرد.

بونی کادیری پزیشکی لە ناو هێزی پێشمەرگە، رۆڵێکی دیاری لە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەو هەست کردنی بەئاسودەیی هەبووە، سەرباری ئەوەی کە ئەو کادیرانە لە ڕێی ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەوە کە پێشکەش بەگوندنشینەکانیان دەکرد، رۆڵێکی بەرچاویان لە پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هێزی پێشمەرگەو هاووڵاتییاندا گێڕاوە.

لەگەڵ زیادبونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا، زیادبونی ژمارەی کادیری پزیشکی لە ناو هێزی پێشمەرگەو بونی دەرمان و ئامێری پزیشکی و نەخۆشخانە بایەخێکی زۆرتری پەیدا کرد.

ساڵی ١٩٧٩ نەخۆشخانەیەکی سەرەتایی لە ناوزەنگ کرایەوەو لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی بە شادمان فوئاد مەستی سپێردرا. ساڵی دواتر نەخۆشخانەیەکی ناوەندی بە ناوی نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر بەختیار خالید لە قوڵە هەرمێ لە نێوان گوندی شێنێ و زەڵێ کرایەوە کە پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکەی تا ئەندازەیەکی باش دابین کرد. هاوینان، بەشێکی نەخۆشخانەکە دەیگواستەوە بۆ نۆکان و تووژڵەو کادیرەکانی لە

چەند چادرێکدا ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد.

لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە کەمتر پشت بە دەرچواندنی برینپێچی گەڕۆك بۆ هێزی پێشمەرگە بەسترا، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی کۆلێج و ئامۆژگا پزیشکییەکان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی ئاگربڕ و وتوویژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، چەند کادیرێکی پزیشکی، لەوانە فایق گوڵپی و یوسف محەمەد عەزیز هەلی هێوربونەوەی رەوشی سیاسییان قۆستەوەو بە شێوەیەکی خۆبەخش لە نەخۆشخانەی سلێمانی کاریان کرد بەو مەبەستەی کە پەرە بە توانای پزیشکیی خۆیان بدەن و خولێکی کردارەکی بۆ فێربونی ئەزمونی تازە ببینن. ئەم دەستپێشخەرییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی پزیشکیی نەخۆشخانەکانی شۆڕش بەجێ هێشت. دوا بە دوای ئەم ئەزمونە، نەخۆشخانەی بەرگەڵوو بووە پێشکەوتوترین نەخۆشخانەی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق و نەشتەرگەریی زۆر گەورەی تێدا ئەنجام درا.

ساڵی ١٩٨٤ بەشی تەندروستیی سەر بە دەزگای بەڕێوەبردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕێکی زۆرتر سەربەخۆیی پێ دراو کرایە دامەزراوەیەك بە ناوی دەزگای تەندروستیی کوردستان و لێپرساوەتییەکەی بە یوسف محەمەد عەزیز ناسراو بە دکتۆر شوان سپێردرا. ئەم دەزگایە رۆڵێکی گەورەی لە پەرەپێدانی کاروباری پزیشکیدا گێڕاو کادیری پزیشکیی پێویستی بۆ هێزی پێشمەرگە دابین کرد.

لە قۆناغی پەرەسەندنی جەنگی کیمیاییدا، دەزگاکە چەندین خولی بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی کردەوەو کادیرە شارەزاکانی ئەم بوارەی بەسەر بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەو گوندەکاندا دابەش کرد بۆ بڵاوکردنەوەی شارەزایی سەبارەت بە شێوەی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی و چۆنێتیی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەنگاوتەکانی چەکی کیمیایی.

لە پاڵ دەزگای تەندروستیی کوردستان، دەزگایەکی تر بە ناوی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (کرا) کە بەشێکی گرنگی ئەرکەکانی پەیوەندیی بە کاروباری تەندروستییەوە هەبوو، لە ساڵی ١٩٨٦دا بە لێپرساوەتیی یوسف محەمەد عەزیز دامەزراو ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانەی کاریان تێدا کردووە کادیرەکانی دەزگای تەندروستیی کوردستان بون. ئەم دەزگایە، لەو بەشەی کە پەیوەندیی بە کاروباری پزیشکییەوە هەیە، رۆڵێکی کارای لە دابین کردنی دەرمان و ئامێری پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکان هەبووە.

## پاشکۆ
## لیستی ناوی کادیرە پزیشکییەکانی شۆڕش (١٩٧٦-١٩٩١)

١-دکتۆر خدر مەعسوم.
٢-یوسف محەمەد عەزیز (شڤان).
٣-هۆشمەند عەبدولکەریم (شاڵاو).
٤-سەروار یەحیا رەشید (سەردار).
٥-کەمال عەبدولڕەحمان ساڵح (حەسان).
٦-عەبدولڕەحمان عوسمان مەحمود (هەژار).
٧-فایق محەمەد گوڵپی.
٨-حەسەن عەلی سەعید.
٩-ئەدیب محەمەد عەلی (هەڵۆ).
١٠-عەبدولڕەحمان عوسمان یونس (زریان).
١١-بەختیار خالد تاهیر* (١٩٧٩).
١٢-حسێن حەمە ساڵح حوسامەددین.

١٣-جەبار عەبدول نەریمان.
١٤-ناسیح فاتیح عەلی.
١٥-فەرەیدون محەمەد ئەمین حسێن*(١٩٨٩).
١٦-جەلال عوسمان رەشید.
١٧-بەرزان ئەکرەم عیززەت (هێرش).
١٨-ئاودێر عوسمان مستەفا (پێرس).
١٩-محەمەد ئەمین غەفور.
٢٠-مەجید عەولا ئەحمەد*(١٩٨٣).
٢١-بەیان حسێن عەلی.
٢٢-ئازاد ئەحمەد حەمە ساڵح*(١٩٨٩).
٢٣-خالید محەمەد رەشید مەحمود.
٢٤-ئاسۆ رەزا ئەحمەد*(١٩٨٨).
٢٥-ئاکۆ سەعید محەمەد.
٢٦-شادمان فوئاد مەستی.
٢٧-جەعفەر شەفیعی.
٢٨-بۆتان عوسمان ئەسعەد*(١٩٨٩).
٢٩-فەرەج یاوەر سادق (سەردار).
٣٠-شێرکۆ حەسەن عەبدولڕەحمان.
٣١-حەمید محەمەد ئەمین بارام*(١٩٨٦).
٣٢-وریا عەرەب عەلی.
٣٣-کامەران ئەسعەد عەلی*(١٩٨٧).
٣٤-مەنسور یوسف مستەفا.
٣٥-سەعدون رۆستەم عەبدوڵڵا (ئارام).
٣٦-شۆڕش سەلیم برایم محەمەد* (١٩٩١).
٣٧-موحسین لەتیف کەریم.
٣٨-عەبدولهادی ساڵح سەعید بایز*(١٩٨٨).
٣٩-فەرهاد نوری محەمەد (دانا).
٤٠-شەماڵ ئەحمەد محەمەد.
٤١-هیوا عەرەب عەلی.
٤٢-کامل مەحمود عەبدولڕەحمان سەلیم*(١٩٨٤).
٤٣-سەردار عەبدولقادر ئەحمەد.
٤٤-برایم مەحمود محەمەد*(رێباز)(١٩٨١).
٤٥-هاوڕێ ئەحمەد محەمەد (بارزان).
٤٦-نازەنین عوسمان حەسەن.
٤٧-فارس حەمە عەبدوڵڵا (جوتیار).
٤٨-محەمەد کەریم حەمە ئەمین.
٤٩-جەزا محەمەد فەرەج* (١٩٨٣).
٥٠-جەلال تۆفیق فەتاح (شوان).
٥١-عەبدوڵڵا ئەنوەر عەبدوڵڵا.
٥٢-جەبار فەتاح عەبدوڵڵا*(نەبەز)(١٩٩١).
٥٣-جەمال عەبدولقادر محەمەد.
٥٤-سەرکەوت محەمەد زەکی.
٥٥-حەمە سەعید حەمە ئەمین* (رەزا) (١٩٧٦).
٥٦-برایم محێدین عومەر.
٥٧-کاوان عەبدولقادر غەفور*(١٩٨٦).
٥٨-بەرزان عەلی محەمەد.
٥٩-عومەر کەریم محەمەد ئەحمەد.
٦٠-محەمەد نەجات محەمەد فەرەج*(١٩٧٦).
٦١-برایم فەتاح قادر.
٦٢-نەبەز مەحمود عەبدولڕەحمان*(١٩٧٩).
٦٣-مەحمود رەزا محەمەد.
٦٤-لەتیف محەمەد مەلا محەمەد (ساماڵ).
٦٥-سالار حەمە عەلی رەزا*(١٩٨٦).
٦٦-خالید ساڵح فەرەج.
٦٧-حەسەن عەبدولڕەحمان نادر.
٦٨-سەردار عەبدوڵڵا ساڵح* (١٩٨٢).
٦٩-رێبوار نەجمەددین عوسمان.
٧٠-عەلی قادر محەمەد قادر* (١٩٩١).
٧١-عەلی قادر شەریف هۆمەر*(١٩٨٠).
٧٢-فایق محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا.
٧٣-تەها عەبدولڕەحمان حەمە عەزیز.
٧٤-عوسمان رەشید فەرەج* (١٩٩٠).
٧٥-سیروان عەلی رەزا.
٧٦-عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید* (چیا)

(١٩٨١).
٧٧-ئەنوەر عەبدوڵڵا حەسەن*(شێرکۆ) (١٩٨٥).
٧٨-جەلال سابیر ئەمین (ئاسۆ).
٧٩-برایم خەلیل ئیسماعیل* (١٩٧٧).
٨٠-شێرکۆ حەمید حەمە ساڵح (سیروان).
٨١-وەلی ئەکرەم محیّدین *(هۆشمەند) (١٩٨٣)
٨٢-ئەحمەد رەحیم محەمەد ئەمین.
٨٣-قەیتەران نوری سابیر* (هەژار) (١٩٨٨).
٨٤-جەلال محەمەد عەلی سەعید.
٨٥-عەلی حسێن محەمەد شاواز.
٨٦-عەلی رەسول خدر عەلی* (١٩٨٧).
٨٧-ئازاد ئەحمەد ئەمین حەسەن (مەریوان).
٨٨-تاهیر عوسمان محەمەد ساڵح* (١٩٩١).
٨٩-عوسمان محەمەد قادر محەمەد* (١٩٨٨).
٩٠-ئاتیلا سەعدوڵڵا خەلیل.
٩١-حەیدەر عەلی رۆستەم.
٩٢-ئەبوبەکر محەمەد عەلی (کاروخ).
٩٣-نوری خدر برایم (نەبەز).
٩٤-جەمیل ئەحمەد حەسەن (خالید).
٩٥-عەبدولواحید ئیدریس (رەوەند).
٩٦-ئەحمەد نەجمەددین ئەحمەد (ئاری).
٩٧-ئازاد محەمەد سەعید.
٩٨-جەمال جەلال کاکل.
٩٩-جەمال عوسمان عەبدوڵڵا (وەسمان).
١٠٠-کەنعان عوسمان مەولود (هەژار).
١٠١-خالید سەعید مستەفا (سیروان).
١٠٢-هاوار حەسەن قادر.
١٠٣-حەمید عومەر برایم (ئامانج).
١٠٤-رەقیب وەلی (ئاری).
١٠٥-کامەران رەسول قادر
١٠٦-عەبدولقادر حەمەد عەلی.
١٠٧-نەوزاد عەباس حەمەد.
١٠٨-شۆڕش عەزیز خدر (بەڵێن).
١٠٩-سەمەد عەزیز ئەحمەد.
١١٠-یوسف ئەحمەد (بەیاد).
١١١-جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد.
١١٢-رەفعەت هیدایەت.
١١٣-جەلیل برایم مەحمود.
١١٤-عومەر برایم (عومەر جەراح).
١١٥-عەلی حسێن محەمەد.
١١٦- محەمەد حاجی.
١١٧-محەمەد عەلی حەمەد ئەمین.
١١٨-زاهیر حەسەن مستەفا.
١١٩-عەلی محەمەد فەتحوڵڵا (سەید عەلی).
١٢٠-دلێر مستەفا شەریف.
١٢١-نەوزاد ئەحمەد محەمەد (رێبوار).
١٢٢-سابیر مەولود مام شێخ (شوان).
١٢٣-ئەکرەم فەتاح.
١٢٤-نەریمان حەوێز حەمەد.
١٢٥- عومەر کەریم حەمەد.
١٢٦-خەلیل عەزیز (فەرهاد)
١٢٧-سامی عەلی عەزیز.
١٢٨-کاوە عەبدوڵڵا محەمەد* (١٩٨٥).
١٢٩-فازل جەمال حەمەد ئەمین* (١٩٨٨).
١٣٠-نەوزاد نوری محەمەد.
١٣١-کەمال جەمال رەشید.
١٣٢- هیوا کەمال جەوهەر* (١٩٩٥)
١٣٣-زرنگ ئیسماعیل بەگ.
١٣٤زەینەددین نەجمەددین (ساجد).
١٣٥-هێمن ئەحمەد حەمە ساڵح.
١٣٦-سالار مەحمود ئەسعەد.
١٣٧-دانا نوری محەمەد.
١٣٨-ئارام رۆستەم عەبدوڵڵا.
١٣٩-بەیان مەلا محەمەد.

١٤٠-عادل محەمەد موراد.

١٤١-کاوە عەبدوڵڵا محەمەد*(١٩٨٥).

١٤٢-عەلی قادر شەریف ناسراو بە عەلی جافەرانی* (١٩٨٠).

١٤٣-هەمزە عەباس عوسمان خدر*(١٩٨٥).

١٤٤- کەمال جەوهەر کەریم.

تێبینی:

١-ناوی ناو کەوانەکان ئەو ناوە خوازراوەیە کە خاوەنەکەی لە پێشمەرگایەتی بەکاری هێناوە و پێی ناسراوە.

٢-ئەو ناوانەی ئەستێرەیان لەسەرە شەهیدن، ژمارەی ناو کەوانەکەش ساڵی شەهیدبونیانە.

٣-ئەم لیستە لەو ناوانە پێك هاتووە کە توانراوە زانیاریی پێویست لەبارەیانەوە بەدەست بهێنرێ.

## پشتاشان (رێککەوتننامە)

رێککەوتننامەیەکە بە هاوکاری و ناوبژیوانیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٨ی تەموزی ١٩٨٢دا، لە گوندی پشتاشان واژۆ کراوە.

هەرچەند لەو کاتەدا پارتی کۆمۆنیستی عیراق هاوپەیمانییەکی سیاسیی لە چوارچێوەی بەرەی جوددا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا بوو، بەڵام پەراوێزێکی مانۆری سیاسیی بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی پراگماتیکی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ خۆی هێشتبۆوە. ئەگەرچی ئەم سیاسەتە بە نمونەیی دانادرێ، بەڵام لانی کەم دەرفەتێکی بۆ دروست کردنی کەناڵێکی پەیوەندی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دابین کردبوو.

سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بە نۆرەی خۆی لە بەرژەوەندییدا نەبوو هیچ کەناڵێکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا نەبێ. بۆیە چاوپۆشی لەوە کرا کە پارتی کۆمۆنیست ناتوانێ رۆڵی ناوبژیوانێکی بێلایەن لە نێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات بگێڕێ و زۆرتر کار بۆ ئەوە کرا کە بۆ گەیاندنی هەندێ پەیام بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکرات سود لە ئەندامبونی پارتی کۆمۆنیست لە بەرەی جود وەربگیرێ و لە کاتی پەرە ئەستاندنی گرژییەکاندا وەك کەناڵێکی پەیوەندی و فاکتەرێکی هێمنکەرەوە بەکار بهێنرێ. پارتی کۆمۆنیستی عیراق خۆیشی ئارەزوی نواندنی ئەو رۆڵەی هەبوو، واشی دەبینی کە رەوشەکەو بەرژەوەندیی کوردو جوڵانەوەی دیموکراتیی عیراق پێویستیی بە خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

لە ٤ی ئازاردا شاندێکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە لە کەریم ئەحمەد، عومەر عەلی شێخ، ئەحمەد بانیخێلانی و یوسف حەننا پێك هاتبوو، سەردانی بارەگای تاڵەبانیی کرد لە ناوزەنگ و لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆ بۆوە. لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، عومەر عەبدوڵڵا، جەمال حەکیم، خدر مەعسوم، مەلا بەختیارو عومەر عەزیز قادر بەشدارییان لە کۆبونەوەکەدا کرد. لە رەوتی گفتوگۆکاندا مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە بەر باس و لەم سەروبەندەدا یەکێتیی نیشتمانی رەزامەندیی نیشاندا، بە ناوبژیوانیی نوێنەرانی پارتی کۆمۆنیست، لەگەڵ نوێنەرانی پارتی دیموکرات کۆ ببێتەوە. یەکێتیی نیشتمانی وای دەربڕی کە ئەم هەنگاوە رێخۆشکردنی دەوێ، بەڵام

وردەکاری و هەنگاوە کردەییەکانی بۆ کۆبونەوەکانی داهاتوو هێشتەوە.

لە ١٦ی ئازاردا کۆبونەوەیەکی تر لە نێوان هەردولا لە بارەگای بە تالیۆنی ١١ی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە گوندی نۆکان بەسترا، لە لایەن یەکێتیی نیشتمانییەوە، تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفاو عومەر عەبدوڵڵا بەشدارییان کردو لە لایەن پارتی کۆمۆنیستەوە کەریم ئەحمەد، عومەر عەلی شێخ، ئەحمەد بانیخێلانی و یوسف حەننا. کۆبونەوەکە بابەتی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولاو سازکردنی زەمینەی لەباری بۆ چارەسەری کێشمەکێشی نێوان لایەنە کوردستانییەکان مشتوماڵ کرد. لەو کۆبونەوەیەدا بابەتی دانانی میکانیزمێك بۆ کۆبونەوەی نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات هەنگاوی زۆرتری بۆ پێشەوە هەڵهێنا.

لە ٢٠ ئازاردا تاڵەبانی بە نامە پارتی کۆمۆنیستی لەوە ئاگادار کردەوە کە بە نیازە نوێنەرێکی تایبەتی خۆی بۆ راژان بنێرێ کە بارەگای سەرەکیی پارتی دیموکراتی لێیەو راشیدەسپێرێ ئامادەیی یەکێتیی نیشتمانی بۆ کۆبونەوە لەگەڵ نوێنەرانی پارتی دیموکرات دەرببڕێ. لە ٢٢ی ئازاردا حەمەی حەمە باقی، نوسەرو شاعیر، بە یارمەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق گەیشتە راژان لە ناوچەی مەرگەوەڕو پەیامی تاڵەبانیی گەیاند. نێردراوەکە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێی درابوو، پارتی دیموکراتی سەرپشك کرد لە کۆبونەوە لەگەڵ شاندی یەکێتیی نیشتمانی لە پشتاشان لە ناوچەی مەنگوڕایەتی، یان لە وەرتێ لە بناری چیای کاروخ یان لە نۆکان لەسەر سنوری عیراق- ئێران. نێردراو زەمینەسازیی بۆ لێك تێگەیشتن و رێککەوتن کرد.

پرۆسەکە زۆر بە سستی و خاوو خلیچکی بۆ پێشەوە چوو. کۆبونەوەکە تا رێك خرا، چوار مانگی پێ چوو.

لە ٢٨ی تەموزدا نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر یەك لە فەرەیدون عەبدولقادر و خدر مەعسوم و نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر یەك لە محەمەد مەلا قادر و مەغدید ئەحمەد لە بارەگای بەتالیۆنی ٣١ی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە پشتاشان کۆ بونەوەو پاش گفتوگۆو دانوستان، رێککەوتنێکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکانی نێوانیان واژۆ کرد. رێککەوتنەکە لە شەش خاڵ پێکهاتووە. لە خاڵی یەکەمدا هەردولا لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە بە رێوشوێنی سیاسی و بە بێ بەکارهێنانی چەك چارەسەر بۆ کێشەکانی نێوانیان بدۆزنەوە. لە خاڵی دووەمدا هەردولا لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە کوردستانی عیراق «لە خانەقینەوە تا زاخۆ» بۆ هەموو لایەك مەیدانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانە بێ. لە خاڵی سێیەمدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەزامەندیی نیشاندا، هێزەکانی پارتی دیموکرات لە ئێرانەوە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و دەست بە چالاکیی پێشمەرگانە لە دژی هێزەکانی عیراق بکەن. لە خاڵی چوارەمدا پارتی دیموکراتی کوردستان رێی دا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بچنە سنوری هەردو پارێزگای دهۆك و نەینەوا. لە خاڵی پێنجەمدا هەردولا لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە رێنمایی پێویست دەربارەی رێککەوتنەکە بۆ پێشمەرگەکانیان دەرکەن بۆ چەسپاندنی گیانی تەبایی و بە کردەوە جێبەجێ کردنی ماددەکانی. لە خاڵی شەشەمدا هەردولا دانیان بەوەدا نا کە جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکە پێویستی بەوەیە کۆبونەوە لەسەر ئاستێکی باڵاتر ئەنجام بدرێ.

رێککەوتنەکە پاشکۆیەکی هەبوو، تێیدا هەردولا لەسەر ئەوە رێك کەوتبون کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆی نیە لێپرسینەوە لەو کەسانە بکات کە لەمەوبەر چەکیان رادەستی دوژمن

کردۆتەوەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشتر لێپرسینەوەی لەگەڵ کردون، بەڵام لێرە بە دواوە هەر لایەك ئازادە لە سزادانی ئەو کەسانەی کە چەك رادەستی دوژمن دەکەنەوە. هەروەها هەردولا لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە لێپرسراوی سیاسی و عەسکەریی گونجاو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکتری بنێرن.

هەر هەمان رۆژ، تاڵەبانی پاش واژۆکردنی رێککەوتنەکە، بانگەوازێکی لە ئێزگەی «دەنگی شۆڕشی عیراق» (دواتر دەنگی گەلی کوردستان) بە ناونیشانی « با هەوڵە جوامێرەکان بۆ وەستاندنی شەڕی ناوخۆ یەك بخرێن» بڵاو کردەوە. لە بانگەوازەکەدا هاتبوو کە هەردولا رێککەوتنێکیان بۆ «گەڕانەوەی هەموو هێزەکانی پارتی بۆ کوردستانی عیراق» واژۆ کردووەو لێرە بە دواوە کوردستان بۆتە «مەیدانی پانوپۆڕی تێکۆشان» بۆ هەموو لایەك.

سەرەڕای گەشانەوەی هیوا بە دەستپێکردنی قۆناغێکی بێ کێشمەکێش، هیچ لە رێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرا، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەجێندایەکی دیکە بوو. لەو ماوەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانیی تەواوی لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران دروست کردبوو و زۆر ناوچەی لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەند بۆوەو رادەستی سوپای پاسدارانی کردبوو. هێزەکانی پارتی دیموکرات و سوپای پاسداران ئەوەندە لە ناوچەی بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نزیك ببونەوە کە پارتی کۆمۆنیست ناچار بوو هەموو بارەگاکانی لە نۆکانەوە بۆ پشتاشان بگوازێتەوە. لەم سۆنگەیەوە یەکێتیی نیشتمانی بڕیاری لەسەر ئۆپەراسیۆنی «هێزی پشتیوان»دا کە بە هۆیەوە هاوپەیمانییەك لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاتە ئاراوەو هەردوکیان پێکەوە بەرپەرچی پێشڕەویی هێزی پاسدارانی ئێرانیان دایەوە. لە رەوتی پەرەسەندنی روداوەکاندا شەڕ لە سنوری پارێزگای هەولێر لە نێوان گەلەکۆمەکێی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك لە لایەك و هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەکی ترەوە هەڵگیرسا. لەم نێوانەشدا پێشهاتەکان پارتی کۆمۆنیستیان بۆ ناو قەیرانەکە پەلکێش کردو کردیان بە لایەنێکی ململانێکە. لە ئەنجامی تێوەگلانی لە ململانێکەدا، پارتی کۆمۆنیست لە میانگیرو ناوبژیوان و مشورخۆری پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبونەوەوە بووە لایەنێکی سەرەکیی شەڕی ناوخۆو لە هەموو لایەنەکانی تر زیاتر زیانی لێ کەوت.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پشتاشان (ئۆپەراسیۆن).

*جود (بەرەی سیاسی).

*بانگەوازی کوردایەتی (بەیاننامە).

## پاشکۆی ژمارە ١
## راگەیەنراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەبۆنەی واژۆکردنی رێککەوتننامەی پشتاشانەوە

لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەللای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەوڵ و تەقەللای هێزە نیشتمانییەکانی تری عیراق و کوردستان و لەو تێڕوانینەوە کە کۆمەڵانی خەڵك خوازیارن دوبەرەکییەکان چارەسەر بکرێن و شەڕی براکوژی دوایی بێت، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان رێککەوتنێکیان بۆ گەڕانەوەی هەموو هێزەکانی پارتی بۆ کوردستانی عیراق واژۆ کرد، ئەویش بۆ خەبات کردن شان بە شانی هێزە نیشتمانییەکانی عیراق دژی تاقمە خوێنڕێژە فەرمانڕەواکەی بەغداو بۆ ئەوەی تەواوی ناوچەکانی کوردستان لە زاخۆوە

تا خانەقین ببنە مەیدانی پانوپۆڕی تێکۆشان بە بێ ئەوەی هیچ هێزێك ئەو مەیدانە قۆرخ بکات.

کۆمـەڵانـی خـەڵکی کـوردو هـێزە جوامـێرەکـان پێشوازیی گەرم و گوڕیان لەم ڕێککەوتنەی نێوان هـەردولا کـردووەو وای لێ دەڕوانـن کە گورزێکە لە نەخشەکانی دوژمنان سرەوێندراوە. بۆیە سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی ئـاگـری شـەڕ تەنها خزمەتی نەخشەکانی دوژمنانی مەسەلەی کورد و دوژمنانی خەباتی گەلی عیراق دەکات. دیارە هیچ بیانوویەك بۆ هەڵگیرساندنەوەی شـەڕ نـەمـاوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردو حزب و هێزە پێشکەوتنخوازەکانیش، هەڵگیرساندنەوەی شەڕ شەرمەزارو ریسوا دەکەن.

لەم سەروبەندەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەوپەڕی داخ و پەژارەوە هەواڵی هێرشی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ سەر هێزەکانی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە ناوچەی بادینان پێ گەییوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لەمەوبەر داوای کـردووەو ئێستاش هەر بەردەوامە لەسەر داواکردنی ئەوەی کە هەموو ناکۆکی و گیروگرفتەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان بە ڕێوشوێنی ئاشتییانەو دایەلۆگی بـنـیـاتـنـەر چـارەسـەر بـکـرێـن، داواکــاره کــردەوەی عەسکەریی نێوان هـەردولا دەستبەجێ بوەستێنرێ، هەروەك داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەکات واز لە تەنگهەڵچنین بە پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بێنێ و هێزەکانی لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کوردستانی عیراق بکێشێتەوەو بەپێی ڕێککەوتنی واژۆکراوی نێوانمان دەست بکا بە چالاکی نواندن لە مەیدانی ڕاستەقینەدا کە کوردستانی عیراقە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق داواکارە هەموو هێزو وزەی خۆیان بخەنە گەڕ، روی لولەی تفەنگەکانیان بکەنە سینگی دەسەڵاتی فاشیست بۆ روخاندنی و هێنانە کایەی حوکمی ئیئتیلافی نیشتمانی و بەدی هێنانی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

سکرتێری گشتیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩٨٢/٧/٢٨

تێبینی: دەقی ڕاگەیەندراوەکە بە عەرەبی نوسراوە.

## پاشکۆی ژمارە ٢
## سەروتاری گۆڤاری «ڕاپەڕین» دەربارەی ڕێککەوتننامەی پشتاشان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە دروشمی روخاندنی ڕژێمی بەرز کـردۆتـەوە. ئـەگـەرچـی ئەمە لـە کاتێکدا بـوو کە تـەرازوی ئێمە و دوژمـن چ لە روی سـەربـازی و ئابوریـیەوە چ لە روی سایکۆلۆژییەوە ناهاوسەنگ بوو، بەڵام ئێمە لە ئەنجامی شیکردنەوەیەکی قوڵ و بابەتییانەی هەموو لایەنەکانی ڕژێمەوە گەیشتبوینە ئەم قەناعەتە. ئەم قەناعەتەش لە جوڵانەوەی ئەم سەردەمەی نەتەوەی کورددا شتێکی تەواو تازە بابەت بوو.

دەشمانزانی بۆ ئەم مەبەستە دەبێ چ بکرێ و چ نەکرێ، لە سەروی هەموشیانەوە ئەوەمان دەزانی کە بە یەکخستنی توانای شۆڕشگێڕانەی کوردستان و عیراق نەبێت، ئەم مەبەستە پیرۆزەمان نایەتە دی و هەر بۆیەش لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە چەندین هەوڵ دراوە بۆ بەدی هێنانی ئەم مەرجە کە لێرەدا بـواری ئەوەمان نیە لە چۆنێتی و هۆی سەرنەکەوتنی ئەو هەولانە بدوێین.

ئەوەی لێرە گرنگە ئەوەیە کە لەم دواییەدا چ لە

کوردستانی بەشی عیراق و چ لە بەشەکانی تری کوردستان تەوەجوهێکی لەم بابەتە سەری هەڵداوەو خەریکیشە پەرە بسێنێ و بێتە دی. دوایین شتی لەم بابەتە ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لە تەموزی رابردوو بە ئەنجام گەیەندرا.

ئەم ڕێککەوتنە خۆی لە خۆیدا وەڵامدانەوەیەکی پێویست بوو بۆ دژواربونی بارودۆخی ئێستای کوردستان و عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیا، بارودۆخێك کە ئیمپریالیزمی جیهانی و لە سەروشییەوە ئەمریکا، دەیەوێ بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا چارەنوسی گەلانی دنیا بەرەو هەڵدێر ببات و بارودۆخێك کە تێیدا شۆڕشی فەلەستین لە لایەن ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستییەوە کەوتۆتە ژێر فشارێکی کوشندەو زاڵمانەوە، بارودۆخێك کە تێیدا کەنداوی عەرەب و وڵاتەکەی ئێمەش بونەتە کانگای کێشە نێودەوڵەتییەکان و لە ئاگردانی ناڕەوادا دەبرژێ، بارودۆخێك کە پۆستاڵی ئەڵقە لەگوێکانی ئەمریکا لە تورکیاو بەتایبەتی گەلی کوردمان لە کوردستانی بەشی تورکیا فاشیستانە دەهەنجنرێ. بۆیە ئەم هەڵوێستەی هێزە کوردستانییەکان و تا بەسەربردنی ئەم ئەرکە ڕێبازێکی سەربەخۆیەو نیشانەی ئەوەیە کە زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان خەریکن دەگەنە پلەی هەست کردن بە لێپرسراوەتی و لە ئاستی ئەو ئەرکە مێژووییانەدا دەبن کە دەکەونە ئەستۆیان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش هەمیشە ئەم مەسەلەیەی دوپات کردۆتەوە.

ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر ڕژێمی بەغدا لاوازەو کورسیی حوکمڕانیی کەوتۆتە لێژییەوەو لە هەموو ڕۆژێکیش زیاتر جەماوەر لە هەژان دایەو گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە روخاندنی ڕژێم پێویستییەکی بە پەلەیە بۆ پاراستنی عیراق و چیتر بەفیڕۆ نەدانی توانای مرۆیی و ئابوریی عیراق. ئەم دوو دۆخە هاوکاتەش ئەوە دەستنیشان دەکەن کە درەنگ خستنی روخانی ڕژێم چ زیانێکی گەورە لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردو بزوتنەوەی کرێکاران و سیستمی سۆسیالیستی دەدات، بە رووەکەی تریش، چ قازانجێك بە ئیمپریالیزم و پلانەکانی دەگەیەنێ.

بۆیە دەبێ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق لە سەروی بەرژەوەندییە تەسکەکانی حزبایەتیی خۆیانەوە بن و هەوڵی دڵسۆزانە بۆ جێگیربونی ئەو بارە تەبایەی ئێستای مەیدانی خەبات بدەن و ڕێگا نەدەن هەلپەرست و نۆکەران بە فیکەی دوژمنانی کوردو عیراق پردی بڕواو متمانە لە نێوان هێزەکان هەڵوەشێننەوەو ئەم دەستکەوتە پێویستەی ئێستا بشێوێنن و رووەو نەمانی بەرن.

ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر، دەبێ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەرکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز جێبەجێ بکەن. دەبێ ئەوەش بزانین کە مێژوو زۆر بێ بەزەییە و چاك و خراپ حوکمی خۆی دەسەپێنێ.

سەرچاوە: گۆڤاری «ڕاپەڕین»، ژمارە٢، ئابی ١٩٨٢، ل ١-٢.

## پشتاشان (ئۆپەراسیۆن)

گەورەترین ئۆپەراسیۆنی هێزی پێشمەرگە لە دژی هێزەکانی بەرەی جود لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣ کە تێیدا دەست بەسەر بارەگاکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك و پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا گیرا لە گوندەکانی ئاشقوڵکە و قڕناقا و پشتاشان و گورزێکی کاریگەر لە بەرەی جود وەشێنرا.

لە نیسانی ١٩٨٣ دا هێزەکانی بەرەی جود تینیان بۆ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنوری مەڵبەندی ٤ هێنا بوو. بەرەی جود هەموو

قورسایی خۆی خستبووە سەر ناوچەی هەولێر کە لە روی عەسکەرییەوە تێیدا باڵادەست بوو. هەرچەند هێزێکی گەورە بە فەرماندەیی عەلی بچکۆل لە دۆڵی جافەتییەوە بۆ سنوری مەڵبەندی ٤ نێردرا بوو، بەڵام هێشتا تەرازوی هێز هەر لە بەرژەوەندیی بەرەی جوددا بوو. بەڵام وا دانرابوو کە هێزی تر بۆ ناوچەکە بچێ. گەیشتنی ئەو هێزە لێی رادەبینرا بتوانێ تەرازوی هێز بە لای هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیدا دابشکێنێ یاخود لانی کەم هاوسەنگییەك لە هێزدا بێنێتە دی.

لەم سەروبەندەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك بەنیاز بون پێش گەیشتنی هێزی تر بۆ ناوچەکە، دەست بەسەر بالیساندا بگرن کە بارەگای مەڵبەندی ٤ی لێ بوو. پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە ئەندامی بەرەی جود بوو، هێشتا بڕیاری لەسەر بەشداری کردن لە هێرش کردنە سەر بالیسان نەدابوو. لە ٢٧ی نیساندا یوسف حەننا ناسراو بە ئەبو حیکمەت لێپرسراوی سەرکردایەتیی هەولێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق بروسکەی بۆ مەکتەبی سیاسیی حزبەکەی لە پشتاشان نارد، تێیدا وتبوی سێ لایەنە هاوپەیمانەکەی بەرەی جود خۆیان بۆ هێرش کردنە سەر بالیسان ئامادە کردووە. حەننا پرسی بە مەکتەبی سیاسی کردبوو کە ئاخۆ پارتی کۆمۆنیست دەبێ بەشداری لە هێرشەکەدا بکا یان نا. بەپێی بیرەوەرییەکانی ئەحمەد بانیخێڵانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، مەکتەبی سیاسی لە وەڵامەکەیدا بڕیاری بەشداری و بەشداری نەکردنی بۆ حەننا هێشتەوە. حەننا بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە مەکتەبی سیاسیی حزبەکەی پێی دابوو، بڕیاریدا بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بکا.

لە ٢٨ی نیساندا هێرشی چوار حزبەکە بۆ سەر بالیسان دەستی پێ کرد. پاش شەڕێکی سەخت، هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بالیسان کشانەوەو هێزەکانی بەرەی جود دەستیان بەسەردا گرت. لە شەڕەکەدا پارتی کۆمۆنیست پێشمەرگەیەکی لێ کوژرا. هێزەکانی جود دەستیان بەسەر دۆڵی بالیسان و دۆڵی مەلەکان و دۆڵی ئاکۆیاندا گرت و بەرنامەی گرتنی دۆڵی خانەقاو دۆڵی شەهیدانیان دانا.

گرتنی مەڵبەندی ٤ کاردانەوەی توندی لێ کەوتەوەو هیچ دەرفەتێکی بۆ ئەگەری چارەسەری سیاسییانە نەهێشتەوە. سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لەسەر ستراتیجی یەکلاکردنەوە داو زۆر بە خێرایی دەستی بە جێبەجێ کردنی کرد. پاش گرتنی بالیسان، چیتر کات لە بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیدا نەماو پلانی گرتنی ئاشقوڵکە و قڕناقا و پشتاشان درا کە بارەگا سەرەکییەکانی هەر سێ حزبی هاوپەیمان پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆکی لێ بوو. لە ٢٩ی نیساندا هێزێکی گەورە بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا بۆ گوندی قەڵاتوکان بەڕێ کەوت. بەر لەوەی هێزەکە بگاتە قەڵاتوکان، لە دۆڵی رەزگەو مارەدوو هێزەکانی سوپای عیراق لە بەرزاییەکانی پشت قەڵادزێ و سەر گوندی سونێ و لە سەربازگەی قەڵادزێوە بە هاوەن و تۆپی قورس کەوتنە تۆپباران کردنی هێزەکە. تۆپبارانەکە شەهیدبونی ٧ پێشمەرگەو برینداربونی ٢٢ پێشمەرگەی دیکەی لێ کەوتەوە، لەوانە حەمید محەمەد ناسراو بە بێستون جێگری فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوك.

لە رەزگە پێکدادانێك لە نێوان دەستەیەکی هێزەکەو مەفرەزەیەکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق رویدا کە بە هۆیەوە پێشمەرگە وریا قادر شەهید بوو و غەریب عەسکەری فەرماندەی تیپی ٩٩ی بیتوێن بریندار بوو، لە کاتێکدا مەفرەزەکە بارەگای رەزگەی بەجێ هێشت و چووە دۆڵەکۆگە.

هێزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك

و پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە ئاشقوڵکەو قڕناقاو پشتاشان لە ئامادەباشیدا بون بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی چاوەڕوانکراو. سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیست بە بێسیم داوایان لە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد هێزێك بۆ فریاکەوتنیان بنێرێ، هەروەك داواشیان لە سەرکردایەتیی هەولێری پارتی کۆمۆنیست کرد هێزی پشتیوان بنێرێ. داواشیان لە هێزەکانی شارباژێڕ کرد دۆخێکی وا لە ناوچەکە بخولقێنن کە یەکێتیی نیشتمانی نەتوانێ هێزەکانی لە شارباژێڕەوە بەرەو پشتاشان بجولێنێ.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی بروسکەکەی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی دایەوەو بەڵێنی دا هێزێك لە قۆڵی سەکران و ئیندزێوە بنێرێ و هێزێکی تر لە قۆڵی دۆڵەتوو و ناوزەنگەوە. بەڵام بە کردەوە هیچ هێزێك لە هیچ شوێنێك بۆ فریاکەوتن نەگەیشتە ناوچەکە چونکە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رێگای قەندیلی لێ بترازێ، هەموو رێوبانەکانیان گرتبوو. ئۆپەراسیۆنەکە لە ماوەیەکی کورتدا ئامانجەکانی بەدەست هێناو هەموو هەوڵێکی فریاکەوتنی پوکاندەوە.

هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەرەبەیانی ١ی ئایاردا لە سێ قۆڵەوە، لە باکورو باشورو رۆژئاواوە، هێرشیان کرد. لە ئێوارەی ٢ی ئایاردا هێزەکان دەستیان بەسەر ئاشقوڵکەو قڕناقادا گرت کە بارەگاکانی پاسۆك و حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان لێ بوو. هێزەکانی حزبی سۆسیالیست و پاسۆك بەرەو پشتاشان کشانەوەو لەوێوە بە چیای قەندیلدا رایانکردو بەرەی شەڕو پارتی کۆمۆنیستی عیراقیان بەجێ هێشت. پاش نیوەڕۆ، فشاری سەر هێزەکانی پارتی کۆمۆنیست لە پشتاشان زیادی کردو وردە وردە ئەو هێزانە دەستیان بە کشانەوە کرد. هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی دەستیان بەسەر بارەگاکانی سەرکردایەتی، مەکتەبی عەسکەری و چاپخانەو ئێزگەدا گرت. هێزەکانی پارتی کۆمۆنیست بە شێواوی و بە نەشارەزایی و بە پەرپوتی بە چیای قەندیلدا کشانەوە. گروپە راکردووەکان لێك دابڕان و بە پەرش و بڵاوی ملی رێگایان گرتە بەر، بۆیە لە کات و شوێنی جیاواز زۆریان لێ بە دیل گیرا، لەوانە لێپرسراوی گەورەی وەك کەریم ئەحمەد لێپرسراوی یەکەم و جێگری سکرتێری حزب، ئەحمەد بانیخێڵانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و قادر رەشید ناسراو بە ئەبو شوان ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق.

لەم سەروبەندەدا بڕیار درا لێپرسراوە دیلە کۆمۆنیستەکان بنێردرێن بۆ ناوزەنگ. مەفرەزەیەك بە فەرماندەیی عەباس محەمەد حسێن ناسراو بە حاجی مەمۆ ئەرکی بردنی دیلەکانی بۆ ناوزەنگ گرتە ئەستۆ.

لە ناوزەنگ دیلەکان وەك میوان مامەڵەیان لەگەڵدا کرا. لەم سەروبەندەدا کەریم ئەحمەد پێشنیاری بۆ تاڵەبانی کرد هەردولا بانگەوازێکی هاوبەش بۆ راگرتنی شەڕ دەرکەن، تاڵەبانی رەزامەندیی لەسەر پێشنیارەکە نیشاندا بەڵام پێشنیاری کرد بانگەوازەکە لە بەردەم لایەنێکی سێیەم واژۆ بکرێ. تاڵەبانی دەترسا پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەو بیانووەی کە ئەندامەکانی سەرکردایەتیی دیلن و دەسەڵاتی نوێنەرایەتی کردنی حزبیان نیە، دان بە ناوەڕۆکی بانگەوازەکەدا نەنێ، بۆیە پێشنیاری کرد بانگەوازەکە بە ئامادەبونی نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دکتۆر سەعید شەرەفکەندی واژۆ بکرێ. کەریم ئەحمەد رەزامەندیی لەسەر پێشنیارەکە نیشاندا.

پێش بڵاوکردنەوەی بانگەوازە هاوبەشەکە، لە ١٠ی ئایاردا سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە گوندی دێوانە لە قەرەداغ

ڕێککەوتنێکی ئاشتیی لەگەڵ مەڵبەندی ١ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان واژۆ کرد. بەڵام لە هەولێر هیچ ڕێککەوتنێك بۆ راگرتنی شەڕ نەبوو، بۆیە هیچ شتێك ڕێگریی لە بەردەوامیی شەڕ لەویَ نەدەکرد.

کەریم ئەحمەد نامەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی نوسی ، تێیدا داوای کرد دەسەڵاتی وتوویژکردنی بە ناوی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە پیَ بدریَ. نامەکەشی بە قادر رەشیدا ناردبوو بەڵام چاوەڕێی وەڵامەکەی نەکرد. هەر ئەو رۆژە، پاش ڕێککەوتن لەسەر دارشتنی بانگەوازە هاوبەشەکە، خۆی و تاڵەبانی بە ئامادەبونی دکتۆر شەرەفکەندی واژۆیان کرد. هەردولا لە بانگەوازەکەدا داوایان لە پێشمەرگەکانیان کرد «شەڕی نێوانیان بوەستێنن» و رایانگەیاند کە پێویستە «دەستبەجیَ سنورێك بۆ ئەو کوشت و کوشتارە دابنرێت» و باری نائاسایی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق «کۆتایی پیَ بهێنرێت» بۆ ئەوەی هەردولا بتوانن بەردەوام بن لەسەر خەبات بۆ «بەدی هێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان».

پاش دەرکردنی بانگەوازەکە، قادر رەشید بە وەڵامی مەکتەبی سیاسییەوە گەڕایەوە کە تێیدا رەزامەندی لەسەر وتوویژ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نیشان نەدرابوو. دوای ئەوە، کەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێڵانی و قادر رەشید بە یاوەریی مەفرەزەیەکی یەکێتیی نیشتمانی تا نزیك شاری سەردەشت بەڕیَ کران. لە سەردەشت نوێنەری حزبی سۆسیالیستی کوردستان بۆ مەهاباد بەڕێی کردن و لەوێوە، دیسان بە یارمەتیی حزبی سۆسیالیست، رویان کردە گوندی سێڵوێی سەر سنور لە باکوری شاری خانە کە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی لیَ بوو.

هەرچەند لە ناوزەنگ بانگەوازێکی هاوبەش بۆ راگرتنی شەڕ لەگەڵ جێگری سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق واژۆ کرابوو، بەڵام دۆخی شەڕو دوژمنایەتی لە نێوان هەردولا هەر درێژەی کێشا. پارتی کۆمۆنیستی عیراق وازی لە هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود نەهێناو لەگەڵیان بەردەوام بوو لەسەر هەوڵی گرتنی حەوزی رەواندز- حاجی ئۆمەران لە پشتاشانەوە تا وەرتیَ و دەرگەڵە.

پارتی کۆمۆنیستی عیراق شاڵاوێکی بەربڵاوو توندی لەسەر ئاستی جیهان کردە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئۆپەراسیۆنی پشتاشانی وەك هێرشێکی درندانەی دژ بە کۆمۆنیزم پیشانداو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی وەك هێزێکی کۆنەپەرست و قێزەونی بکوژو ببڕ بەجیهان ناساندو خۆی وەك بێتاوان و ستەملێکراو پیشاندا. لە بەرامبەردا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ٨ی ئایاردا یاداشتێکی بۆ رونکردنەوەی رەوتی رووداوەکان دایە حزبە کۆمۆنیستەکانی جیهانی عەرەب و لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی رزگاریخوازو هەوڵی دا باری سەرنج و دیدگای خۆی بۆ تێکچونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق رون بکاتەوە.

هەموو حزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت و ژمارەیەکی زۆر لە گروپە چەپەکان بە بیَ ئەوەی وردەکاریی رووداوەکان بزانن، بە متمانەیەکی کوێرانەوە لێکدانەوەی پارتی کۆمۆنیستی عیراقیان بۆ رووداوەکان پەسند کرد، ناڕەزاییان لە رەفتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربڕی و پشتیوانییان لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق کرد. گومان هەیە یاداشتەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ حزبە کۆمۆنیست و چەپەکان کاریگەریی زۆری لەسەر گۆڕینی ئەو وێنەیە هەبوو بیَ کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە دەرەوە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کێشا بووی.

بەڵام سەرەڕای هەموو شتێك، نوسینی یاداشتەكە كارێكی خراپ نەبوو.

لە تەموزدا هێزەكانی جود بە فەرماندەیی ئیدریس بارزانی هێرشێكی بەربڵاویان كردە سەر قەندیل و پشتاشان و دەوروبەری و بە بێ شەڕ دەستیان بەسەردا گرت. لە ناوەڕاستی ئابدا هێرشی هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بۆ سەر بەرەی جود دەستی پێ كردو توانرا قەڵەمڕەوێكی فراوان لە هێزەكانی جود پاك بكرێتەوە. لە سەرەتای ئەیلولدا هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان قۆناغی دووەمی هێرشەكەیان دەست پێ كردو توانییان تەواوی ناوچەكان لە جود پاك بكەنەوەو هێزەكانیان ئاودیوی ئێران بكەن.

روداوەكەی پشتاشان كاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندییەكانی نێوان پارتی كۆمۆنیستی عیراق و یەكێتیی نیشتمانی كوردستان بەجێ هێشت. هەرچەند هەردولا هەوڵی ئاشتبونەوەیان دا، بەڵام رق و كینەی رابردوو تا ماوەیەكی دورو درێژ هەوڵەكانی بە ناكامی هێشتەوە. لە تێڕوانینی سەركردایەتیی پارتی كۆمۆنیستی عیراقدا، ئۆپەراسیۆنی پشتاشان ئەوەندەی كە «قەسابخانە» یە ئەوەندە شەڕ نیە و تاوانی جەنگی تێدا ئەنجام دراوە، لە كاتێكدا یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ئۆپەراسیۆنەكەی بە «شەڕێكی یەكلاكەرەوە» زانیوەو هەوڵی داوە بە یەكلاكردنەوەی شەڕەكە بەرپەرچی گەلەكۆمەكێی چوار حزبە هاوپەیمانەكە بداتەوە.

پاش ئۆپەراسیۆنەكە، بەرەی جودو یەكە یەكەی لایەنە ئەندامەكانی، راگەیەندراویان دەربارەی روداوەكانی پشتاشان بڵاو كردەوە. كۆمیسیۆنی باڵای جود لە راگەیەندراوێكدا كە لە ٦ی ئایاردا بە زمانی عەرەبی دەرچووەو بە شێوەیەكی فەرمی گوزارشتی لە راو بۆچونی هەموو ئەندامەكانی كردووە، ئۆپەراسیۆنەكەی بە «تاوانێكی قێزەون» ناو بردووەو وتویەتی «ئەم تاوانە قێزەونە كە ئێستا سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان نیازی وایە لە هەولێرو شوێنەكانی تر درێژەی پێ بدا، بە كردەوە رۆڵی لە هێشتنەوەی رژێمی سەددام حسێندا هەیە و بەشێكیشە لە پیلانێكی گەورە دژی بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق و دژی تەواوی هێزە نیشتمانی و رزگاریخوازییەكانی ناوچەكە كە ناوەندە ئیمپریالیست و كۆنەپەرستەكان نەخشەیان بۆ داناوەو بەش بەش جێبەجێی دەكەن، ئەویش بۆ هێشتنەوەی لوبنان لە ژێر داگیركاریی ئیسرائیل و تەفروتوناكردنی رێكخراوی رزگاریی فەلەستین و ئامادەكردنی پلانی دەستدرێژییەكی دیكەی زایۆنیستی دژی سوریا و هەڵتەكاندنی شۆڕشی گەلی ئێران لە ناوەوە... بەرەی نیشتمانیی دیموكراتیی عیراق (جود) لە كاتێكدا كە ئەم تاوانە قێزەونەی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ریسوا دەكات، سەرنج بە لای ئەوەدا رادەكێشێ كە روداوەكە بەشێكە لە پیلانێكی فراوانتر كە هێشتا هەر بەردەوامەو پێویستی بە وریایی و هۆشیاریی هەموانە، هەروەك پێویستی بە ریسواكردنی تاقمە شەڕانگێزەكەی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانە كە بەم كارانەی بۆتە ئامرازی جێبەجێ كردنی نەخشەیەكی شەڕانگێز دژی تەواوی گەلەكەمان. لە ئەزمونی گەلەكەماندا چەند نمونەیەكی هاوشێوە هەیە كە تێیدا ئیمپریالیستەكان و دوژمنانی گەل لە رێگای گروپێكی ناو گەلەوە گورزیان لە بزوتنەوەی نیشتمانی وەشاندووە».

لە ٨ی ئایاردا مەكتەبی سیاسیی پارتی كۆمۆنیستی عیراق بە زمانی عەرەبی راگەیەندراوێكی لەسەر روداوەكانی پشتاشان دەركرد، تێیدا هاتبوو كە «رەفتاری تاوانكارانەی» سەركردەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان «بەڵگەی ئەوەیە كە ئەمانە زۆر لەو كارنامەیە دورن كە گوایە هەوڵی جێبەجێ كردنی دەدەن، هەروەك بەڵگەی ئەوەشە كە دەستیان

لە جێبەجێ کردنی پیلانێکی ئیمپریالیستیی کۆنەپەرستانەدا هەیە کە تەواوی ناوچەکە دەگرێتەوە نەك عیراق بە تەنها. بۆیە پێویستە لەسەر هەموو هێزە نیشتمانییەکان زۆر وریاو هۆشیار بن، چونکە راگەیاندنی جەنگ لە دژی بەرەی نیشتمانیی دیموکرات (جود) لە لایەن سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەو ئەنجامدانی تاوانی قێزەون لە دژی تێکۆشەرانی حزبەکەمان، هاوکاتە لەگەڵ توندکردنی هێرش بۆ سەر هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە و دەستپێکردنی شاڵاوی دژ بە کۆمۆنیزم و هەوڵدان بۆ هەڵتەکاندنی تەواوی شۆڕشی ئێران لە ناوەوە بە پیلانی دامودەزگاکانی سیخوڕی کە دیارە ئەمە هەموی رێکەوت نیە. ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستەکان نایانەوێ رژێمی دیکتاتۆری فاشستی عیراق بڕوخێ و دەیانەوێ بەربەست لە بەردەم ئەو ئەلتەرناتیڤە دیموکراتییە دروست بکەن کە گەلەکەمان لەپێناویدا تێدەکۆشێ، چونکە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکان پشت و پەنای تاقمەکەی سەددام حسێنن لە هەوڵەکانیدا بۆ رێگرتن لە یەکبونی هێزە نیشتمانییە بەرهەڵستکارەکان و دروست کردنی دوبەرەکی لە ناو هێزە نیشتمانییەکانداو وەشاندنی گورزی ئازاربەخش لە حزبەکەمان کە خاوەنی سیاسەتێکی کردەیی راست و دروستە بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێزە نیشتمانییەکان لە بەرەیەکی پانوپۆڕدا بۆ روخاندنی رژێمی دیکتاتۆرو کۆتایی هێنان بە جەنگ و پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی. لەم سەروبەندەدا سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو کارانە دەکەن کە رژێم و هەموو هێزە کۆنەپەرستەکان دەیانەوێ و بەمە خزمەتێکی گەورەی پلانە ئیمپریالیستییە کۆنەپەرستەکە دەکەن». هەروەها حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ١٠ی ئایاردا راگەیەندراوێکی لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە تێیدا هاتبوو کە «لە رۆژانی ١-٣ی ئایاری ١٩٨٣دا تاقمی بە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە گوێرەی نەخشەیەکی گڵاوی تاوانکارانە کە ماوەیەکی زۆرە ئیشی بۆ دەکەن، بە هاوکاریی رژێمی فاشیستی بەغداو ئاغاکانیان لە ئیمپریالیزم و هەندێ سەرکردایەتیی سۆسیال دیموکراتەکانی رۆژئاوا، وەك ئەڵقەیەك لە زنجیرەی نەخشە و پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و هێزی کۆنەپەرست بۆ تاوتوێ کردن و گەمارۆدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی لە ناوچەکەدا، هێرشێکی کتوپڕی نامەردانەیان کردە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتیی حزبمان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عیراق و لایەنەکانی تری جود، بە کەڵك وەرگرتن لە کۆکردنەوەی چەکدارەکانیان بە ئاگاداری و بە بەرچاوی رژێمی فاشیستی بەغداوەو بە پشتیوانیی هەندێ لایەنی هاوپەیمانیان و بە هاوکاری و هەماهەنگیی راستەوخۆی هێزە چەکدارو جاشە خۆفرۆشەکانی رژێم، بە نیازی قەڵاچۆکردن و لە ناوبردنی تەواوی سەرکردایەتیی حزبمان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پاسۆك و بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکی پێ سپێردراویان و جێبەجێ کردنی مەرجێکی تر لە مەرجەکانی دەست تێکەڵاوکردنە پیلانگێڕییەکەیان لەگەڵ رژێمدا».

بە هەمان پێودانگ، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٥ی ئایاردا راگەیەندراوێکی بە زمانی عەرەبی بڵاو کردەوە، تێیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بە نۆکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا و سۆسیال ئینتەرناسیۆنال ناسی بوو، دوراییەکی نێودەوڵەتیی بە روداوەکان دابوو و وتبوی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جێبەجێکاری ئەو پلانەیە کە ناوەندەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی بەسەرۆکایەتیی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو جەمسەرەکانی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال (سۆسیال دیموکراتەکان) و هەموو رژێم و هێزە کۆنەپەرستە رەشەکان بۆ دژایەتی کردنی گەلی عیراق

و گەلی کورد دایانڕشتووە». هەروەها پاسۆکیش لە ١٥ی ئایاردا لە راگەیەندراوێکدا لەم بارەیەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بە «تابوری پێنجەم» چواندو تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵ کە «خەنجەری ژەهراوی»ی لە بزوتنەوەی نیشتمانی داوەو باسی ئەوەی کرد کە سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خوازیارن «ئەو ئەڵقەیە بن کە زنجیرە پیلانە بەرچاوەکەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوچەکە تەواو بکەن کە ئەمڕۆ بە گەرمی لە لوبنانەوە تا کوردستان کاری بۆ دەکرێت».

شکستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە پشتاشان کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندییە ناوخۆییەکانی حزب بەجێ هێشت. مەکتەبی سیاسی لەسەر بانگەوازە هاوبەشەکە رەخنەی توندی لە کەریم ئەحمەد گرت و لێپرساوەتیی جێگری سکرتێری لێ سەندەوە. بەهادین نوری و لێپرساوەکانی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکیش درانە بەر توانج چونکە لە کاتی ئۆپەراسیۆنی پشتاشاندا هیچ جموجوڵێکیان بۆ سەرقاڵ کردنی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەکردووەو بەپێچەوانەوە رێککەوتنی ئاشتییان لە سنوری سلێمانی و گەرمیان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی واژۆ کردووە. رەخنە لە یەکتری گرتن و تۆمەت بەخشینەوە تا ساڵی ١٩٨٥ هەر بەردەوام بوو و رەنگدانەوەی لەسەر کۆنگرەی چوارەمی پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەبوو کە تێیدا رەخنەی توند ئاراستەی چەند لێپرساوێك کرا لەوانە یوسف حەننا کە کادیرەکان داوای لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کرد، چونکە حزبی لە پارێزگای هەولێر توشی شەڕێکی دۆڕاو کردبوو.

لە نیسانی ١٩٨٦ دا پرۆسەیەکی ئاشتبونەوە لە نێوان هەردولا دەستی پێ کرد. لە ئایاردا ئەحمەد بانیخێلانی گەیشتە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دۆڵی جافایەتی و پرۆسەی دانوستانی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و ئاشتبونەوە دەست پێ کرد. پرۆسەی دانوستان رێککەوتنی ئاشتبونەوەی لێ کەوتەوە. بەڵام مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیست رێککەوتنەکەی پەسند نەکرد.

پاش ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦، مەکتەبی سیاسیی پارتی پێشنیاری بۆ یەکێتیی نیشتمانی و پارتی کۆمۆنیست کرد لە گوندی راژان لە مەرگەوەڕ کۆ ببنەوە، دەست بە وتووێژ بکەن و رێککەوتنی ئاشتی بەدی بێنن. لەم سەروبەندەدا شاندی هەردولا، ئەحمەد بانیخێلانی و عەبدولرەزاق سافی لە لایەن پارتی کۆمۆنیستەوەو فەرەیدون عەبدولقادر و جەبار فەرمان لە لایەن یەکێتیی نیشتمانییەوە، لە راژان کۆبونەوەو پرۆسەی ئاشتبونەوەیان دەست پێ کردو لە شوباتی ١٩٨٧ دا رێککەوتنی ئاشتییان بەدی هێنا، بەڵام لە ١٩ی حوزەیراندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێککەوتنەکەی هەڵپەسارد، چونکە رۆژنامەی «غەدی دیموکراتی» کە لە سوریا دەردەچوو، وتارێکی پڕ توانج و جنێوی ناشیرینی لەسەر نەوشیروان مستەفاو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوکردەوە. رۆژنامەکە بە شێوەیەکی فەرمی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عیراق نەبوو، بەڵکو کۆڕبەندی دیموکراتیی عیراق دەری دەکرد، بەڵام وا باو بوو کە ئەم رۆژنامەیە یەکێکە لە میدیاکانی سێبەری پارتی کۆمۆنیستی عیراق، جگە لەوەی کە ساڵح دوگلە، سەرنوسەری رۆژنامەکە، یەکێك بوو لە کادیرە کۆنەکانی پارتی کۆمۆنیست. بیری زاڵ لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ئەوە بوو کە بڵاوکردنەوەی وتارەکە دەستی ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی تێدایە، بەڵام هیچ

بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر دروستیی ئەو گومانە نەبوو. بەهەر حاڵ، بڵاوکردنەوەی وتارەکە بووە هۆی پوکانەوەی ڕێککەوتنەکە. بەڵام لە تەموزی ١٩٨٧ دا هەردولا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، تێیدا ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕاگەیاند.

بابەتی پەیوەندیدار:

*دیوانە (ڕێککەوتنی مەیدانی)

*قەندیل (ئۆپەراسیۆن).

*جود (بەرەی سیاسی).

*ڕێککەوتننامەی هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق.

*غەدی دیموکراتی (قەیرانی سیاسی).

## پاشکۆی ژمارە ١
## بانگەوازی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پارتی کۆمۆنیستی عیراق بۆ پێشمەرگەی هەردولا

داوا لە پێشمەرگەی هەردولا دەکەین بە زوترین کات شەڕی نێوانیان بوەستێنن، چونکە ئەو ڕوداوە خوێناوییە دڵتەزێنانەی کە لەم دواییەدا لە نێوان هەردوولا ڕویانداوە شوێنەوارێکی خراپیان لەسەر بزوتنەوەی نیشتمانیی تێکۆشەری دژ بە ڕژێمی فاشیستی دوژمنی هاوبەشمان و هەروەها لەسەر بزوتنەوەی جەماوەری تێکۆشەر بەجێ هێشتووە.

ئێستا ڕژێمی فاشیست بە خۆشییەوە سەیری بەفیڕۆچونی ئەو خوێنە پاکەی نێوانمان دەکات، لە کاتێکدا کە پێویست بوو ئەو خوێنە لە ناو یەك سەنگەر بڕژابایە لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری فاشیستی خۆسەپێنەر بەسەر گەلی عیراقماندا بە عەرەب و کوردو کەمە نەتەوایەتییەکانەوە.

نوێنەرانی هەردولا بە سوربون و پێداگرتنێکی زۆرەوە ڕایدەگەیەنن کە دەستبەجێ سنورێك بۆ ئەو کوشت و کوشتارە دابنرێت و ئەو بارە نائاساییەی نێوانیان کۆتایی پێ بهێنرێت و ئەمە سەرەتایەکیش بێت بۆ چارەسەرکردنی برینی ئەو ڕوداوە دڵتەزێنانەو یەکخستنی هەوڵ و تەقەللای هاوبەشی هەردولاو لایەنە نیشتمانییەکانی تر لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆرو لەپێناوی بەدی هێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافیی نیشتمانیی دیموکراتیی خاوەن توانا کە بتوانێ سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراسی بۆ عیراق بێنێتە دی و مافی ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ کوردستان مسۆگەر بکات.

لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە

جەلال تاڵەبانی

لە لایەن حزبی شیوعیی عیراقەوە

کەریم ئەحمەد داوود

١٠/ ٥/ ١٩٨٣

## پاشکۆی ژمارە ٢

یاداشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ حزبە کۆمۆنیستەکان و لایەنەکانی بزوتنەوە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە لە هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانتان لە کوردستانی عیراق لە سایەی بارودۆخێکی ئێجگار سەخت و ئاڵۆزدا دژی ڕژێمی دیکتاتۆری فاشیستی بورژوازیی بیرۆکرات.

هاوڕێیان

یەکێتیمان هەر لە دەستپێکی دامەزراندنییەوە بە تەنگ ئەوەوە بووە کە پەیوەندییەکی تێکۆشەرانەی پتەوو بەهێز لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق دابمەزرێنێ، تەنانەت لەو قۆناغانەش کە هەردوکمان دوو ڕێچکەی جیاوازمان هەبووە، کاتێك ئەو لە بەرەیەکدا بوو لەگەڵ ڕژێمی ئێستای بەغداو ئێمەش لە سەنگەری خەباتدا بوین بۆ ڕوخاندنی ئەو ڕژێمە. سەرەڕای چەندەها

هێرشی پارتی کۆمۆنیست لە ڕێی ئەدەبیات و ڕۆژنامەو لێدوانی لێپرسراوەکانییەوە بۆ سەر هێزەکانی دژ بە ڕژێمی دیکتاتۆر، یەکێتیمان گوێی بەو هێرشانە نەدا، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە هێرشەکان خودی یەکێتیمانیان کردبوو بە ئامانج، چونکە یەکێتیمان باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە ڕۆژێك دادێ پارتی کۆمۆنیست بە هەڵوێستی خۆیدا بەرامبەر بە ڕژێم دەچێتەوە یاخود ڕژێم دوای ئەوەی کە هیچ کارێکی پێ نامێنێ، کۆتایی بە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست دێنێ.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا، کاتێك پەیوەندیی نێوان پارتی کۆمۆنیستی عیراق و ڕژێمی فاشیست ئاڵۆز بوو، مەکتەبی سیاسیی یەکێتیمان چەردەیەك ڕێنمایی بۆ هەموو هێزی پێشمەرگەو ئەندامەکانی خۆی دەرکرد کە یارمەتیی کۆمۆنیستەکان بدەن، بیانپارێزن و بیانگوێزنەوە بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەنانەت پێش ئەوەی هیچ دیدارێك لەسەر ئاستی سەرکردایەتی لە نێوان هەردولادا ئەنجام بدرێ، وەك چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی کردووە، ئاواش هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو هاوڕێ کۆمۆنیستانە کرد کە لە چنگ ڕژێمی فاشیست ڕایانکردبوو. یەکێتی لەم کارەدا ئەرکی نیشتمانیی جوامێرانەی خۆی جێبەجێ کردووە. هەروەها لەو چاوپێکەوتنانەدا کە لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی هەردوولا ساز کران، یەکێتی پێشنیاری کرد فۆرمێکی بەرەیی بۆ ڕێکخستنی خەباتی گەلی عیراق بدۆزینەوە. یەکێتی بۆ ماوەی زیاد لە ساڵێك هەموو پێداویستییەکانی ژیانی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی دابین کردو دەیان پارچە چەکی پێشکەش کردن، لە کاتێکدا خۆی زۆر پێویستی بەو چەکانە بوو. پاشان بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ، گفتوگۆ بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی عیراقی دەستی پێ کردو لە ئەنجامدا لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠دا بەرەی نیشتمانیی نەتەوایەتیی دیموکرات (جەوقەد) هاتە دی. گەلی عیراق ئومێدی بە جەوقەد پەیدا کرد، هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبیش پێشوازییان لێ کرد. بەڵام هەر ئەوەندە دوو هەفتە بەسەر دامەزراندنی جەوقەددا تێپەڕی، هەموان بە سەرسوڕمانەوە بیستییان پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەشداره لە دامەزراندنی بەرەیەکی تر بە ناوی جودەوەو بەشداریشە لە ڕاگەیاندنی. کاتێك جەوقەد داوای لە پارتی کۆمۆنیست کرد پرسی ئەندامێتیی لە هەردوو بەرە یەکلا بکاتەوە، پارتی کۆمۆنیست بە نوسراو وەڵامی دایەوەو وتی ئەم هاوپەیمانییە تەنها پرۆتۆکۆلێکی هاوکاریی سێقۆڵییە لە نێوان ئەوو پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و «بە هەڵە لێ تێگەیشتنێك» لە دەربڕیندا هەیە. نوسراوەکە داوای لە لایەنەکانی جەوقەد کرد مۆڵەتی مانگێك بدەن بە پارتی کۆمۆنیست بۆ نەهێشتنی بە هەڵە لێ تێگەیشتنەکە. کەچی مانگ و دوو مانگ تێپەڕین و دواتر دەرکەوت کە پارتی کۆمۆنیست سورە لەسەر ئەوەی کە ئەو هاوپەیمانییە بەرەیەو لەو نوسراوەش پاشگەز بۆتەوە کە هاوڕێیان عەبدولڕەزاق سافی و کەریم ئەحمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشکەشیان کردبوو. ئەمەش لە لای ئەندامانی جەوقەد کاردانەوەی لێ کەوتەوەو بووە مایەی بێئومێدیی هاوڵاتیی عیراقی.

لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی لە لایەن خۆیەوە هەوڵێکی زۆری بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی دوقۆڵیی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق داو ویستی ئەو پەیوەندییە بۆ خزمەت کردنی بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق بەکار بهێنێت. بەڵام هەندێ لە ڕێکخراوەکانی پارتی کۆمۆنیست کەوتنە پەخش کردنی بڵاوکراوەی ناوخۆیی و لەو بڵاوکراوانەدا هێرشیان کردە سەر یەکێتی. ئەو بڵاوکراوانە پڕ درۆو دەلەسە و بوختانن. لەو دیدارەی کە لە نێوان هەردوو شاندی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی کۆمۆنیست بە ئامادەبونی هاوڕێیان جەلال

تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی و عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ساز کرا، هاوڕێیانی کۆمۆنیست داوای لێبوردنیان کردو هەردولا لەسەر بنچینەکانی هاوکاریی هاوبەش و لابردنی کۆسپ و تەگەرەکان ڕێك کەوتن.

هاوڕێیان

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا، لە ناوچەی باڵەك هاوڕێیانی کۆمۆنیست کارێکی وایان کرد هەرگیز بە خەیاڵدا نەدەهات هیچ لایەنێکی نیشتمانی کە کەمترین پەرۆشیی بۆ هاوکاری کردنی لایەنە نیشتمانییەکانی تر هەبێ، ئەو کارە بکا. لەو ناوچەیەدا هەندێ لە لێپرسراوانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق داوای کۆبونەوەیان لە هەڤاڵ عوسمان بەگی لێپرسراوی عەسکەریی یەکێتی کرد. لە کاتی دیاریکراودا هەڤاڵ عوسمان بە مەفرەزەیەکەوە بۆ ئەو گوندە بە ڕێ کەوت کە وا تێگەیشتبوو کۆبونەوەی تێدا دەکرێ، کەچی لەوێ کەوتە بۆسەیەکەوە کە بەرپرسەکانی پارتی کۆمۆنیست لە ناو گوندەکە نابویانەوە، لە ئاکامدا هەڤاڵی تێکۆشەر عوسمان بەگ و کادیری سیاسی حەمەلاوو پێنج پێشمەرگەی تر لەم کردەوە قێزەونە، بە بەرچاوی خەڵکی گوندەوە، شەهید کران. خەڵکی گوندەکە بەم روداوە سەغڵەت بون. ئەگەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەبوایەو ئەگەر دۆخەکەی کۆنترۆڵ نەکردایە، خەڵکی ئەم گوندەو گوندەکانی دەوروپشت هەڵیاندەکوتایە سەر بارەگاکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق. ئەمەش پەرۆشیی یەکێتی بۆ یەکڕیزیی نیشتمانی نیشان دەدا.

هەروەها لە ئەنجامی ئەو فرە دیدارەدا کە هاوڕێیان جەلال تاڵەبانی و عەزیز محەمەد بەشدارییان تێدا کردووە، هەردولا ڕێککەوتنێکی سیاسی و عەسکەرییان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان و دانانی سنورێك بۆ ناکۆکییەکان واژۆ کرد، بەڵام لە سەرەتای شوباتی ١٩٨٣دا حزبی سۆسیالیستی کوردستان هەندێ کێشەی لە ناوچەی هەولێر نایەوەو چاوەڕوانی ئەوە لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەکرا کە پێش هەموو شتێك بێلایەن بێ و پاشان بەشداریش بێ لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. کەچی ئەو پشتیوانیی لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردو دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەستایەوە، بەبێ ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندیی بەوەوە هەبێ و بەبێ گوێدانە هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی کە لەمەوبەر هاوڕێ عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەشداریی لە تاوتوێ کردن و واژۆکردنیدا کردووە، سەرباری ئەوەی کە ئەمە پێشێل کردنی ڕاگەیەندراوەکەی ٦ی شوباتی تەرابلوس بوو کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق و لایەنەکانی دیکە واژۆیان کردووە. دواتر، پاش بەشدارییان لە شەڕدا دژی یەکێتیمان و لاسەنگبونی دۆخیان لە ناوچەکە، شاندێکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق جارێکی تر سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وەك ئەوەی هیچ ڕێککەوتنێکی پێشوو لە نێوان هەردولادا دەربارەی هەمان بابەت نەبوو بێت. لەم سەروبەندەدا حزبی سۆسیالیستی کوردستانیش بەشداریی لەو دیدارەدا کردو ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆ کرا.

هەڤاڵانمان پێیان وابوو ئەم ڕێککەوتنە سێقۆڵییەو هەوڵەکانی ڕاگەیاندنی بەرەی گشتگیری عیراق دەبنە مایەی دانانی سنورێك بۆ ئەو پێشێلکاری و گیروگرفت و ناکۆکییانە. بۆیە یەکێتی هەموو قورسایی خۆی خستە سەر هاوڕێیانی لایەنەکانی تری ناو جەوقەد بۆ درێژەپێدانی دایەلۆگی بنیاتنەرو ڕاگەیاندنی بەرە گشتگیرەکە. لە ٢٥ی شوباتی ١٩٨٣دا دیدارێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو شاندی بەرەی نیشتمانیی نەتەوایەتیی دیموکرات (جەوقەد)و بەرەی نیشتمانیی دیموکرات (جود) ساز کرا بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆو پێشکەش کردنیان بە کۆبونەوەی نۆزدە لایەنەکە. پرۆگرام بە کۆی دەنگ

پەسند کرا. سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆش، جگە لە سێ خاڵ، هەموو خاڵەکانی تر پەسند کران و بڕیاریش بوو سێ خاڵەکەی کە ماون بخرێنە بەردەم کۆبونەوەی کۆی لایەنەکان.

کەچی کتوپڕ پارتی کۆمۆنیستی عیراق بایکۆتی کۆبونەوەکەی کرد بەبێ ئەوەی لەو مانگەدا هیچ شتێکی گرنگ لە بارودۆخی عیراق، جیهانی عەرەب و ناوچەکەدا رویدا بێ. دۆستانی بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق هەوڵێکی زۆریان بۆ چاککردنی درزەکە دا بەڵام هەوڵەکەیان بێهودە بوو. دواتر، لە کۆبونەوە تەواوکارییەکانی بەرەدا، دیسان هەموان سەریان لە هەڵوێستە گۆشەگیرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سوڕ ما چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان سور بوو لەسەر مانەوەی جود، هەروەها سور بوو لەسەر ئەوەی کە تەنها پاش وەرگرتنی رەزامەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دیکۆمێنتی راگەیاندنی بەرەی یەکگرتوو واژۆ دەکات. دیارە بایکۆتەکەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هەڵوێستەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناو کۆبونەوەکە، بۆ ئەوە بووە کە تەگەرە لە بەردەم دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی گشتگیر دروست بکەن.

سەیرەکە لەوە دایە کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق ساڵەهایە دروشمی پێویستیی دامەزراندنی بەرەیەکی گشتگیری فراوانی بەبێ هیچ مەرجێك بەرز کردۆتەوە. کەچی کاتێك هەلومەرجەکە خەملی و ئەم ئامانجە خوازراوە لە بەدی هێنان نزیك بۆوە، پارتی کۆمۆنیست لێی پەشیمان بۆوەو ئەوەی کردە بیانوو کە پێویستە لیژنەیەکی هەماهەنگی لە نێوان لایەنە بنچینەییەکانی جوڵانەوەی نیشتمانیی عیراق پێك بهێنرێ، واتە پشت گوێ خستنی هەموو لایەنەکانی تر. بەمجۆرە، لە ماوەی مانگێکدا دروشمەکە گۆڕانی بەسەردا هات. دروشمەکە لە پێویستیی دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانەوە بووە پێویستیی هێنانە کایەی هەماهەنگی لە نێوان لایەنە بنچینەییەکاندا. ئەو لایەنە بنچینەییانەش لە روانگەی پارتی کۆمۆنیستەوە تەنها شەش لایەنن. ئایا ئەمە چەندی بە چەندە؟

لایەنەکانی جود هەوڵیاندا رێ لە دامەزراندنی بەرە فراوانەکە بگرن و فشارێکی زۆریان خستە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی بچێتە ناو بەرەی جود. یەکێتی ئەم بیرۆکەیەی رەت کردەوە، چونکە روخاندنی رژێمی فاشیست و هێنانە سەر کاری حوکمێکی ئیئتیلافیی دیموکرات کە دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دابین بکات، تەنها بە بەرەیەکی نیشتمانیی فراوان دێتە دی، بەرەیەك کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگای عیراق بکات بە هەموو نەتەوەو چینەکانییەوە، بە پێداگرتن لەسەر پێویستیی هەماهەنگی لەگەڵ رەوتی ئاینیی نیشتمانی. دیارە جود ئەم ئەرکەی پێ هەڵناسوڕێ، بەڵکو هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ کە رژێم ماندوو بکات نەك بیڕوخێنێ، ئەویش ئەگەر هەموو لایەنە پێکهێنەرەکانی لە ناو عیراق خەبات بکەن، چونکە رژێمی فاشیستی عیراق لە کوردستانەوە ناڕوخێنرێ، بەڵکو لە بەغدا دەڕوخێنرێ، لە کاتێکدا بەرەی جود یان هەر بەرەیەکی هاوشێوەی جود ناتوانێ بگاتە بەغداو جموجوڵی تێدا بکا. بەمجۆرە، هەردوکیان دەستیان هەبوو لە پەکخستنی ئەم دەستپێشخەرییە راستەقینەو دڵسۆزانەیەدا. لایەنەکانی جود وەنەبێ هەر بەوە داکەوتبن، بەڵکو هەندێکیان دەستیان بە شەڕفرۆشتن کردەوە بە مەبەستی پەرەپێدانی گرژییەکان. لە ٢٨ی ئازاری ١٩٨٣دا حزبی سۆسیالیستی کوردستان چەند کردەوەیەکی تۆقێنەری دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجام دا. پارتی دیموکراتی کوردستانیش روداوێکی نەخوازراوی بۆ درێژەپێدانی کردەوە شەڕانگێزییەکانی لە دژی یەکێتیمان قۆستەوە. وردەکاریی ئەم بابەتە، لە رونکردنەوەکەی ٥ی نیسانی ١٩٨٣دا چنگ

دەکەوێ. پارتی کۆمۆنیست لە ناوچەی سلێمانی خۆی تێ هەڵنەقورتاند. یەکێتی ڕێزی لەو هەڵوێستە گرت کە دەرفەتی ئەوەشی بۆ دەرەخساند کە ڕۆڵی دروست کردنی سازان لە نێوان لایەنەکان بگێرێت. بەڵام لە ١٥ی نیساندا چوار هەڤاڵمان شەهید کران، لە سەروی هەمویانەوە فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە. لێکۆڵینەوەش دەری خست کە مەفرەزەیەکی هاوبەشی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان ئەم کارە نامەردانەیان کردووە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی دەربارەی ڕوداوەکە دەرکرد کە ناوی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی تێدا نەهاتبوو چونکە وامان دانابوو کە ڕەنگە ئەم گروپە بە شێوەیەکی نابەرپرسانە هەڵسوکەوتی کردبێ و هەروەها وامان دانابوو کە دەشێ سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست ڕاگەیەندراوێك بۆ ڕەواندنەوەی گومان دەر بکات. لە ١٦ی نیساندا کۆبونەوەیەك لە نێوان سەرکردایەتیی مەڵبەندی ٤ی یەکێتی لە پارێزگای هەولێرو سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست لە ناوچەکە، ساز کرا. کۆبونەوەکە ڕێککەوتنێکی تازەی لێ کەوتەوە، تێیدا پارتی کۆمۆنیست بەڵێنی دا کە لە ئاست کێشەکانی ناوچەکە بێلایەن بێت. بەڵام، وەك هەمیشە، بەر لەوەی مەرەکەبی ڕێککەوتنەکەی هاوڕێیانی کۆمۆنیست لەگەڵ یەکێتیمان وشك ببێتەوەو سەرەڕای ئەوەی کە بەڵێنی بێلایەنییان دابوو، چەکدارەکانیان لە هەمان کاتدا لە پارێزگای هەولێر کەوتنە جموجوڵ و چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان هاندا بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان و گرژی بەرن. لە ئەنجامدا هێزێکی هاوبەشی پارتی کۆمۆنیست و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ٢٧ی نیساندا هێرشێکی بەربلاویان کردە سەر بارەگای مەڵبەندی ٤ی یەکێتی و لە بارەگاکانی پارتی کۆمۆنیستەوە هێزەکانمان زۆر بە خەستی تۆپباران کران، لە ئەنجامدا شەش هەڤاڵمان شەهید بون و دیسان شەڕ بە سەرماندا سەپێنرایەوە.

ئێوارەی ڕۆژی پاشتر، بۆسەیان لەسەر ڕێی قەلاتوکان بۆ هێزێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانا، لە ئاکامدا هەڤاڵێك شەهید کرا و هەڤاڵێکی تر بریندار بوو.

لەم سەروبەندەشدا هەڤالانمان نامەیەکی هاوڕێ ئەحمەد بانیخێلانیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و لێپرساوی عەسکەرییان چنگ کەوت کە بۆ مەسعود بارزانیی نوسی بوو، داوای لێ دەکا هێزێکی گەورە بنێرێ و هەلەکە بۆ دەستوەشاندن لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بقۆزرێتەوە. نامەکە لەبەر دەستدایەو دەرفەتی بینینی هەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڤاڵە بەرپرسەکانی خۆی لە ناوچەکە وا ئاراستە کرد کە کۆنتاکت لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دروست بکەن و داوایان لێ بکەن پابەندی ڕێککەوتنەکان بن. بەڵام سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست دۆخەکەی زۆرتر بەرەو ئاڵۆزی بردو لە پشتەوە کەوتە دەستوەشاندن لە هێزە سەرەکییەکەی یەکێتی لە ناوچەکەدا، لە ئەنجامدا دیسان شەڕ بەسەرماندا سەپێنرایەوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جگە لە بەرگری کردن لە پێشمەرگەو لایەنگرەکانی، هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ نەمایەوە. لە ئەنجامی هەڵوێستی شەڕانگێزانەی ئەم دواییەی پارتی کۆمۆنیستدا، هێزەکانی شکستیان هێناو ئێستا یەکێتی هەندێ لە سەرکردەو کادیرو پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی گل داوەتەوە، لەوانە هاوڕێ کەریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و جێگری سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هاوڕێ ئەحمەد بانیخێلانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. یەکێتی هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستگیرکردنیان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە،

زۆر بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردون. ئێستاش سەرکردایەتیی یەکێتی دایەلۆگ و وتووێژیان لەگەڵ دەکا بۆ دانانی چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکان و تاوتوێ کردنی پەیوەندیی نێوان هەردولا.

هاوڕێیان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کاتێکدا کە ئەم بابەتە دەخاتە بەردەمتان و پابەند نەبونی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە رێککەوتنەکانی لەگەڵ یەکێتی دیاری دەکا و هاندان و شەڕفرۆشتنەکانی دەستنیشان دەکا، زۆر بە لایەوە گرنگە کە جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بکاتەوە:

١-یەکێتی زۆری پێ ناخۆشە رەوشی کوردستانی عیراق گرژی و شەڕی تێکەوتووە و لەم رووەوە ئۆباڵی ئەم دۆخە دەخاتە ئەستۆی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە، ئەویش بە هۆی ئەو هەڵوێستانەوە کە خستومانەتە روو، هەروەها ئۆباڵی ئەو خوێنەی کە رژاوە، هەر لە ئەستۆی ئەوە چونکە پارتی کۆمۆنیست شەڕی فرۆشتووە یاخود هەندێ لایەنی هان داوە گرژی و شەڕ بنێنەوە.

٢-یەکێتی زۆر بە تەنگ ئەوەوەیە کە ناخۆشییەکانی قۆناغی رابردوو تێپەڕینێ و پەیوەندیی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق پتەو بکات. ئەم ئاواتە لەمەوبەر ئامانجی یەکێتی بووەو ئێستاش ئامانجێتی.

٣-ئەو هاوڕێ کۆمۆنیستانەی کە لە بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانی دان هیچ زیانێکیان پێ ناگاو هاوڕێیان کەریم ئەحمەدو ئەحمەد بانیخێلانی زۆر رێزیان لێ دەگیرێ.

٤-بارودۆخی پەیوەندیی گرژی نێوان هەڤالانمان و هاوڕێیانی کۆمۆنیست لە پارێزگای هەولێر رەنگدانەوەی لەسەر هاوڕێیانی کۆمۆنیست لە سلێمانی و ناوچەکانی تر نابێ.

٥-یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دژی بەکارهێنانی چەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و سورە لەسەر پێویستیی چارەسەرکردنی سەرجەم ناکۆکییەکانی کوردستانی عیراق لە رێی دایەلۆگی بابەتییانەو رێوشوێنی ئاشتییانەوە بۆ ئەوەی دەرفەت بە رژێمی فاشیست نەدرێ دۆخە گرژەکە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە.

٦-یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رازییە بە دادگاییەکی نیشتمانی و پێخۆشحاڵیشە بە بەشداربونتان لە چارەسەرکردنی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێمەو پارتی کۆمۆنیستی عیراق و لەم رووەوە ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریی تەواو دەردەبڕێ.

لە کۆتاییدا دوبارە سلاوو رێزی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان قبوڵ بفەرمون.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

١٩٨٣/٥/٨

تێبینی:

١-دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

٢-یاداشتەکە تاڵەبانی نوسیویەتی.

## پشدەر (گۆڤار)

گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە، بەشی روناکبیریی مەڵبەندی ٢٤ی رێکخستنی پشدەر لە ماوەی نێوان ٢٠٠٨-٢٠١٠ دەری کردووە. ئامانجی گۆڤارەکە وەك لە یەکەم سەروتاردا رون کراوەتەوە «هەوڵێکی ترە بۆ گەڕان بە دوای گەنجینەی کلتورو فۆلکلۆرو یاداشتە دێرینەکانی ئەم دەڤەرە (پشدەر)، تاکو لەدەلاقەیەکی ترەوە بتوانین رۆشنایی بخەینە سەر لایەنە بزرەکانی مێژوی پشدەر. جگە لەمە، هەوڵێکیشە تاکو نوسەرو رۆشنبیر و خوێنەری ئەم سنورە پێکەوە گرێ بدرێن،




یان هیچ نەبێ (گۆڤارەکە) ببێتە مینبەرێك بۆ هەموو ئەو دەنگانەی کە دەیانەوێت خزمەت بەنەوەی نوێ بکەن».

گۆڤارەکە دوو مانگ جارێك دەرچووە. جگە لەوەی کە توانیویەتی ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیرانی ناوچەکەو دەرەوەی ناوچەکە لەخۆی بکاتەوە، بە شێوەیەکی سیستماتیك رۆشنبیرییەکی پێشکەوتنخوازانەی لە ناوچەکەدا بڵاو کردۆتەوە، بایەخێکی زۆری بە کەلەپورو فۆلکلۆر و مێژوی ناوچەکە داوەو کەلتوری ناوچەکەی بە رێکوپێکی رومالّ کردووە، سەرباری ئەوەی کە ئاوڕی لەچەند کەیسێکی گرنگ داوەتەوە وەك مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان، بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسیدا، کێشەی گەنجان، کاروباری پەروەردەیی، سۆسیال-دیموکراسی، ئاڤێستاناسیو بەسەرکردنەوەی ئاینی زەردەشتی، رۆشنبیریی سیاسیو چەند بابەتێکی تر.

سەرنوسەری گۆڤارەکە محەمەد وەستا عەلییە. خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە ٧ مەڵبەندی ٢٤ی رێکخستنی پشدەرە. لە ژمارەکانی دواتردا سەرنوسەر ئەرکی خاوەنی ئیمتیازیشی گرتۆتە ئەستۆ. بەڕێوەبەری نوسین ئەرسەلان حەسەنە.

گۆڤارەکە ١٦ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لەزستانی ٢٠٠٨ دەرچووەو ژمارە ١٦ کەدوایین ژمارەیە لە هاوینی ٢٠١٠ دەرچووە.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ٢١ بە ٢٩,٥ سم و لەدوتوێی ٦٠ لاپەڕە دەرچووە. تا ژمارەی هەشتەم ٦٠٠ دانەی لێ چاپ کراوەو دواتر تیراژەکەی گەیەنراوەتە هەزار دانە. ژمارە ١و٢ لە چاپخانەی ئۆفسێتی دیلان لە سلێمانی چاپ کراون بەڵام ژمارەکانی تر لە چاپخانەی پەیوەند چاپ کراون. لە بەرگی پێشەوەو دواوە رەنگو وێنە بە شێوەیەکی جوان بەکار هاتووەو ئەمە بۆتە مایەی ئەوەی درەخشانییەك بدا بە بەرگەکە، هەروەها ناونیشانی هەندێ لەبابەتە بڵاوکراوەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەسەر بەرگ دانراون. دیزاینی بەرگو ناواخن لەئاستێکی پێشکەوتوو دایەو ئەرکەکە ئازاد حاجی گرتویەتیە ئەستۆ. کارە تەکنیکییەکان چەند کادیرێك ئەنجامیان داوە لەوانە هیوا رەحیم، برایم عەبدوڵڵا، کامیل مستەفا، دانا رەشید، کارزان کەمال، رەزا عەلی. وێنە فۆتۆگرافییەکان بەسودوەرگرتن لە ئەرشیفی وێنەی بوار نورەددین، ئازاد حاجی، عوسمان میران، برایم عەبدوڵڵا، عەلی سۆفی ئەحمەد، حەسەن بیکەیسی، سەید محەمەدو رێبوار بەکرەجۆیی بڵاوکراونەتەوە.

کۆمەڵێك نوسەر کە زۆربەیان خەڵکی پشدەرن بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە لەوانە تاریق حسێن، ئازاد گەناوی، عەلی قەڵادزەیی، رێبوار بەکرەجۆیی، ئەرسەلان حەسەن، عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین، عومەر

ئیسماعیل مارف، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، بوار نورەددین، کارزان محەمەد، سارا فەقێ خدر، حەسەن بێگەڵاسی، ئاسۆ فەقێ رەسول، قودسی حەسەن بابەکر، رەسول مستەفا حەمە، رێبوار جەمال، بەکر مەحمود، ژاڵە حەسەن، روناك محەمەد ئەمین، مۆفەق میراودەلی، خدر ئیبراهیم خدر، دیار کەریم، پەژارە مەمەند، زیاد محەمەد ئەمین، گۆران وسو، عوسمان سەنگەسەری، ئەحمەد مەروەیی، فاروق ئەحمەد عەبدوڵڵا، فەرمان عەزیز، فەرهاد هێرۆیی، هەرێم حەسەن، خالید ئیبراهیم، پیادە بنگردی، مستەفا سەلیم مەحمود، رەسول حەمە عەبدولقادر، هەژار رەسول محەمەد، لیا حەسەن، ساڵح ئۆمەر گەناوی، جەمال هەمزە ساڵح، ئەرخەوان زیاد، محەمەد ناسر عەبدول، هێرش مەحمود، ئومێد عەبدولرەحمان، لوقمان عەلی حسێن، توانا محەمەد، دڵشاد عەبدوڵڵا شێنەیی، محەمەد مارەدویی، حسێن حاجی وەسمانی دارەشمانەیی، هێرۆ خدر، مەزن عوسمان، عومەر ئیسماعیل باوزێیی، رەسول شەریف رەسول.

## پشدەر (هەرێم)

هەرێمی ٦ی پشدەر. ساڵی ١٩٧٧ پێك هێنراوەو یەکەم بارەگای لەگوندی توژەڵە بووە. سنوری چالاکیی هەرێمەکە ناوچەکانی پشدەر و بەری مەرگە و چیای ئاسۆسی گرتۆتەوە. هەرێمەکە سێ جار، لە ساڵانی ١٩٧٨و ١٩٧٩و ١٩٨٢، لە سۆنگەی هۆی جیاوازەوە هەڵوەشاوەتەوە.

یەکەم فەرماندەی هەرێمەکە تالیب رۆستەمە کە لە حوزەیرانی ١٩٧٨دا لە سەروبەندی ئۆپەراسیونی هەکاریدا، لەگەڵ زۆربەی پێشمەرگەکانی، خۆی رادەستی حکومەتی عیراق کردەوە. بەمەش سەرلەبەری هەرێمەکە هەڵوەشایەوە.

هاوینی هەمان ساڵ، هەرێمەکە سەرلەنوێ پێك هێنرایەوەو حاجی حاجی برایم کرایە فەرماندەی. لە ئازاری ١٩٧٩دا لە سەروبەندی جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەرێمەکە بۆ جاری دووەم هەڵوەشایەوە. هەر ئەو ساڵە، قادر مامەند بابەکر ئاغا کرایە سێیەم فەرماندەی هەرێمەکە. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ جێبەجێ کردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، هەرێمەکە هەڵوەشایەوەو سێ تیپی لێ پێك هات کە بریتی بون لە تیپەکانی ٤٤ی چەکوچ و ٤١ی کوڕەکاژاوو ٦٨ی مامەندە. گەورەترین شەڕ کە لە سنوری ئەم هەرێمە رویداوەو پێشمەرگەکانی هەرێمەکە رۆڵێکی کارایان تێدا هەبووە شەڕی نۆ رۆژی گوندی شێنێیە لە ساڵی ١٩٧٨ کە تێیدا هێزەکانی عیراق ٢٥٠ کوژراوو ٢٠٠ بریندارییان هەبوو و ٣ فڕۆکەی هەلیکۆپتەری تێدا پێکرا. لە کاتی ئەم شەڕەدا ژمارەی پێشمەرگەکانی هەرێمەکە نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگە دەبوو.

## پشکۆ نەجمەددین



پێشمەرگەی دێرین و کادیر و نوسەر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی عەبابەیلێی ناوچەی هەڵەبجە. هەر سێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەڵەبجە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧١ لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەرەس هێنانی

ئاگربڕی چوار ساڵەو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، وازی لە خوێندنی زانکۆ هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دوو ساڵی خوێندن لەدەست بدا.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەڵەبجەو هەر ئەو ساڵە چۆوە سەر خوێندن لە زانکۆی سلێمانیو هەر لەوێش پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی کشتوکاڵی بەدەستهێنا.


ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی هەورامان ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لەو ماوەیەدا لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی هەورامان و هەڵەبجەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی گرتە ئەستۆو لە هەمان کاتدا ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لە سنوری هەرێمی یەکی هەورامانی هێزی پێشمەرگەش ڕابەری سیاسی بوو.

ساڵی ١٩٨١ بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد. پاش کۆنفرەنسەکەو پێکهێنانی کەرتەکانی ڕێکخستن، کرایە لێپرساوی کەرتی ڕێکخستنی ناوچەی هەڵەبجەی کۆمەڵە. هەر ئەو ساڵە بۆ هەرێمی ٣ی شارباژێر گوێزرایەوەو کرایە ڕابەری سیاسیی هەرێمەکە. ساڵی ١٩٨٢ بەشداریی لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەدا کردو لە ماوەی ١٩٨٣- ١٩٨٤دا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی هەڵەبجەو هەورامان و شارەزوری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٤ بەشداریی لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەدا کرد لەمێرگەپان کە بە یەکێ لەدژوارترینو سەختترین کۆنفرەنسەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران دەژمێردرێ. کۆنفرەنسەکە ململانێیەکی سەختی لە نێوان باڵی نەوشیروان مستەفاو باڵی مەلا بەختیاردا بەخۆیەوە بینی. لەم ململانێیەدا ئەو پشتگیریی لە باڵی مەلا بەختیار کرد. ئەگەرچی کۆنفرەنسەکە کۆمەڵەی بەیەکگرتویی هێشتەوەو سەرکردایەتییەکی لە هەردوو باڵ پێك هێنا، بەڵام کێشەکانی نێوان هەردوو باڵ بە هەڵپەسێردراوی مانەوە.

پاش دامەزراندنی دەزگای ناوەندیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵەی ڕەنجدەران دوای کۆنفرەنسی سێیەم، لەگەڵ هەر یەك لەئازاد هەورامیو ڕێکەوت عوسمانو خەسرەو خاڵو جەمال عەبدوڵلا ڕۆستەم کرایە ئەندامی دەزگاکە.

لە هاوینی ١٩٨٥دا لە کۆبونەوەیەکدا کە لەگوندی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداغ بەسترا، بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش وەك گروپێکی سەربەخۆ لە ناو کۆمەڵەی




رەنجدەران. ئەمەش بێ متمانەییو گرژیی نێوان هەردوو باڵەکەی بەرەو هەڵکشان برد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥دا خۆیو مەلا بەختیار لەگوندی تەکیەی ناوچەی قەرەداغ دەستگیر کرانو دواتر هەردوکیان لەگەڵ مەحمود عەبدولڕەحمان ناسراو بە شێخ عەلی وەك سێ سەرکردەی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش دەستبەسەر کران. لە شوباتی ١٩٨٨دا لە کاتی گواستنەوەی بۆ دۆڵەکۆگە، لە شاری سەردەشت رایکرد و مافی پەنابەریی لە ئێران وەرگرت.

ساڵی ١٩٨٩ ئێرانی بەجێ هێشت و چووە روسیا، لەوێوە روی کردە سویدو لەو وڵاتە گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩٢ وازی لەکاری حزبایەتی هێناو خۆی بۆ نوسین تەرخان کرد.

لە تاراوگە بەشدارییەکی دیاری لەبزاڤی رۆشنبیریی کوردیدا کردووە، چەندین کتێب و دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە، دیارترینیان ئەو کتێبەیە کەساڵی ٢٠٠٧ بە ناونیشانی «ئەزمون و یاد» لە سوید بڵاوی کردۆتەوەو کاکڵەی ئەزمونی خۆی لەڕیزی کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیو ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش و یادەوەرییەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیو سەربهوردەی گیرانی لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٨ تێدا نمایش کردوە. ئەم کتێبە ناوبانگێکی زۆری وەك نوسەر بۆ پەیدا کرد، بە ڕادەیەك کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧- ٢٠١١دا کتێبەکە چوار جار چاپ کرایەوەو لە فیستڤاڵی ساڵی ٢٠١٠ی گەلاوێژدا خەڵاتی پڕفرۆشترین کتێبی ساڵی وەرگرت. سەرباری نوسین لە بواری سیاسەتدا، چەند کۆمەڵە شیعرێکی هەیە لەوانە «ژارك» (١٩٩١)و «گەڕان لەدوی سەرابی نیشتمان» (١٩٩٤)و (لەتێك غوربەت لە تەمەندا» (٢٠٠٠).

## پشووی کوردستانی نوێ (گۆڤار)




گۆڤارێکە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» سەرەتا وەك پاشکۆیەك بۆ بایەخدان بە بوارەکانی ریکلام لە سلێمانی دەری کردووەو دواتر بۆتە مانگنامەیەکی هەمەڕەنگ. گۆڤارەکە بە پێشنیاری محەمەد تۆفیق رەحیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرپەرشتیاری کاتیی مەکتەبی راگەیاندن، وەك گۆڤارێکی هەمەڕەنگی دور لە بابەتی سیاسی دەرچووە. لە یەکەم کۆبونەوەدا کە لە حوزەیرانی ١٩٩٩ لە بارەگای رۆژنامەی کوردستانی نوێ بەستراو هەر یەك لە ستران عەبدوڵڵاو نەوزاد عەلی ئەحمەدو کەژاڵ ئەحمەد بەشدارییان تێدا کرد، بناغەی گۆڤارەکە دانرا. لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار درا گۆڤارەکە ناو بنرێ «پشووی کوردستانی نوێ» چونکە نیاز وابوو هەفتانە لە ڕۆژی پشووی

ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» کە ڕۆژی هەینییە دەربچێ. بەڵام لەبەر هەندێ کێشەی تەکنیکی، نەتوانرا گۆڤارەکە بە شێوەی هەفتانە دەربچێ، بۆیە ماوەیەك دوو هەفتە جارێك دەرچوە و پاشان کراوەتە گۆڤارێکی مانگانە و دواتر وەك گۆڤارێکی سەربەخۆ دەرچوە.

ئەم گۆڤارە ٣٩ ژمارەی لێ دەرچوە. یەکەم ژمارەی لە تەموزی ساڵی ١٩٩٩ دەرچوەو دوایین ژمارەی لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٣. بە درێژایی ماوەی دەرچونی، دوو سەرنوسەری بەخۆیەوە دیوە. یەکەمیان کەژاڵ ئەحمەدە کە لە یەکەم ژمارەوە تا ژمارە ٢٦ سەرنوسەر بووەو دووەمیان فازڵ قەسابە کە لە ژمارە ٢٧وە تا ژمارە ٣٩ سەرنوسەر بووە. کاری هونەریو نەخشەسازیو جیاکردنەوەی ڕەنگەکان و کاری کۆمپیوتەریو دیزاین لەئەستۆی قادر میرخان، ن. ڕەمزی، هەڵۆ عەبدولکەریم، شێروان عیززەت، کرمانج محەمەد، سورکێو عوسمان، بەختیار سەعید، کاروان جەلال، هاونیاز سامی، جەمال حسێن، تارا محەمەدو دیاری محەمەد بووە. لە ژمارەکانی کۆتاییدا مەریوان عەلی بەڕێوەبەری هونەرییەو لە دوو ژمارەدا پێشرەو ئەحمەد بەڕێوەبەری نوسینە. هەموو ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لە چاپخانەی مەکتەبی ڕاگەیاندن چاپ کراون.

سەروتارەکانی گۆڤارەکە کە بە ناوی بنەماڵەی کوردستانی نوێوە بڵاوکراونەتەوە، تا ژمارە ١١ ستران عەبدوڵڵا نوسیویەتیو لە ژمارە ١٢ بەدواوە سەرنوسەر ئەرکی نوسینی سەروتاری گرتۆتە ئەستۆ.

گۆڤارەکە زۆرتر گۆڤارێکی هەمەڕەنگی کۆمەڵایەتیو هونەری بووەو زۆر بەدەگمەن بەلای کاروباری سیاسیدا دایشکاندووە، بەڵام سەرەڕای ئەمە ریزە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سیاسەتمەداران و نوسەرە سیاسییەکاندا ساز کردووە، کە تێیدا زۆرتر بایەخ بەژیانی تایبەتی ئەو کەسانە دراوە وەك ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ کۆسرەت ڕەسول عەلیو فەرەیدون عەبدولقادر و عەدنان موفتی و وریا ڕەواندزی و شاڵاو عەلی عەسکەری و سەلاح ڕەشید و سەعدی ئەحمەد پیرەدا ئەنجام دراون.

## پلینۆم

کۆبونەوەیەکی فراوانە لەسەر ئاستێکی بەرز دەبەسترێ، ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب ئامادەی دەبن و تێیدا بڕیار لەسەر یەکلاکردنەوەی هەندێ بابەتی گرنگ دەدەن. پلینۆم ئاستێکی نزمتر لە کۆنگرەی هەیەو دەسەڵاتەکانی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ سنوردارن، بەڵام بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە، بڕیارەکانی بڕیاری یاسایین و دەبێ جێبەجێ بکرێن، هەروەك بە بەراورد لەگەڵ کۆنگرە (یان کۆنفرەنس)خێراترو ئاسانتر دەبەسترێت.

یەکەم پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ئەیلولی ١٩٧٦ پەسند کراوە، بە هیچ شێوەیەك باسی پلینۆم ناکات، لە کاتێکدا لە پەیڕەوی ناوخۆی هەر یەك لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ناوی پلینۆم هاتووە، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا پلینۆم بە شێوەی «کۆبونەوەی فراوان» ئاماژەی بۆ کراوە.

بڕگەی یەکەمی ماددەی نۆیەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنفرەنسی دووەم و سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران پێناسەی پلینۆم دەکاو دەسەڵاتەکانی دیاری دەکاو لەم سەروبەندەدا ئەوەی تێدا هاتووە کە پلینۆم «کۆبونەوەیەکی فراوانە بۆ هەڵسەنگاندنی ئیشوکاری کۆمیتەی سەرکردایەتی

یان دارِشتنی تاکتیکی نویٚ و پڕکردنەوەی سێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان دیاریکردنی کاتی بەستنی کۆنفرەنس دەگیرێت».

بەپێی برِگەی دووەمی هەمان مادده، ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی و نوێنەرانی رێکخراوەکان و کادیرە پێشکەوتووەکانی دەزگا سەرکردەییەکان ئامادەی پلینۆم دەبن. برِگەی سێیەمی هەمان مادده، سەبارەت بە کات و شێوەی بەستنی پلینۆم دەڵیٚ «پلینۆم ساڵی جارێك یان لە کاتی پێویستدا لەسەر داوای ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان لەسەر داوای زۆربەی رێکخراوەکانی کۆمەڵە دەبەسترێت». ماددەکە هیچ میکانیزمێکی بۆ شێوەی دیاریکردنی نوێنەرانی رێکخراوەکان و کادیرە پێشکەوتووەکانی دەزگا سەرکردەییەکان کە بەشداری لە پلینۆمدا دەکەن، دەستنیشان نەکردووە.

کۆمەڵەی رەنجدەران تەنها یەك پلینۆمی بەستووە، ئەویش ئەو پلینۆمەیە کە لە ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٨٥ لە بەرگەڵوو بۆ تاوتویٚ کردنی کێشەی سەرهەڵدانی گروپی «ئاڵای شۆڕش» و بڕیاردان لە چارەنوسی سەرکردە گیراوەکانی گروپەکە بەستراوە.

بەڵام مێژوی کۆمەڵەی رەنجدەران دوو کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی تێدایە کە هەردوکیان لە ئاستی پلینۆم دان چونکە بڕیارەکانی هەردوو کۆبونەوە سنوری کۆبونەوەی ئاساییان تێپەڕاندووە، بەتایبەتی کە لە هەردوکیاندا سەرکردایەتیی تازە هەڵبژێردراوە. هەردوو کۆبونەوە لە ساڵی ١٩٧٨ بەستراون، یەکێکیان لە مانگی نیساندا لە گوندی نۆکان و ئەوی دیکە لە مانگی تشرینی دووەمدا لە گوندی شێنیٚ و لەمەی دوایياندا دیکۆمێنتێکی زۆر گرنگ بە ناونیشانی «فەرمانەکانی قۆناغی ئێستای خەبات» دەرچوو کە تێیدا نەوشیروان مستەفا چوارچێوەی بیری کۆمەڵەی لەسەر بنچینەیەکی تازە دارِشتووەو دواتر وەك نەخشە رێگای قۆناغێکی دیاریکراو کاری پیٚ کراوە. بەڵام لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەدا هیچ کات دەستەواژەی «پلینۆم» بۆ ئەم دوو کۆبونەوەیە بەکار نەهێنراوە، بە تایبەتی کە لە کاتی بەسترانی هەردوو کۆبونەوەدا، هێشتا کۆمەڵە هیچ پەیرِەوێکی ناوخۆی بۆ دانەنرا بوو کە ئاست و دەسەڵاتی کۆبونەوە فراوانەکانی تێدا دیاری کرابیٚ.

هەروەها سەبارەت بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیش، دەردەکەویٚ کە بزوتنەوە بە درێژایی ماوەی پێش جیابونەوەی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئازاری ١٩٧٩، هیچ کۆنفرەنس و پلینۆمێکی نەبەستووە. بەڵام ئەگەر هەمان ئەو پێوەرانە بەکار بهێنین کە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی هەردوو کۆبونەوەکەی ساڵی ١٩٧٨ی نۆکان و شێنێی کۆمەڵەی رەنجدەران بەکار هێنراون، دەبیٚ کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی ئازاری ١٩٧٨ی نۆکانی بزوتنەوەی سۆسیالیست بە پلینۆم ئەژمار بکریٚ کە تێیدا شوێنە بەتاڵەکانی سەرکردایەتی پڕ کرانەوەو چەند کادیرێکیش بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی دیاری کران، لەوانە قادر عەزیز.

سەبارەت بە یەکێتیی شۆڕشگێڕانیش، لە پەیرِەوی ناوخۆدا هەردوو ماددەی ٢١و ٢٢ بۆ باسکردنی پلینۆم تەرخان کراون. بەڵام هیچ کام لەم دوو ماددەیە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ پلینۆم پێشکەش ناکەن. ماددەی ٢١ مەرجەکانی بەستنی پلینۆم کە بە شێوەی کۆبونەوەی فراوان ناوی دێت، بەمجۆرە دیاری دەکا «کۆبونەوەی فراوان بە لانی کەمەوە ساڵی جارێك لە کاتی ئاساییدا یان لەسەر داوای زۆربەی رێکخراوەکان یان لەسەر داوای دوسێی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان لە کاتێکی پێویستدا کە هەلومەرجی بەستنی کۆنفرەنس لەبار

نەبێت، دەبەستریت». ماددەکە لە بڕگەی دووەمدا بەشداربووانی پلینۆمی دیاری کردووە کە لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکانی ئۆرگانە سەرکردەییەکان و لێپرسراوانی لقەکان پێکدێن.

ماددەی ٢٢ چوار دەسەڵاتی بە پلینۆم بەخشیوە کە ئەمانەن: هەڵسەنگاندنی کارایی و چالاکیی کۆمیتەی سەرکردایەتی، پڕکردنەوەی شوێنی بەتاڵی سێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، داڕشتنی تاکتیکی نوێ بۆ کارکردن و دیاریکردنی کاتی بەستنی کۆنفرەنس.

یەکێتیی شۆڕشگێڕان دوو پلینۆمی بەستووە. پلینۆمی یەکەم لە ساڵی ١٩٨٥ لە کانی زێوکەی نزیک گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافایەتی بەستراو تێیدا شوێنە بەتاڵەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە ئەندامی تازە پڕ کرانەوەو چەند ئەندامێکیش بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردران. پلینۆمی دووەم لە ساڵی ١٩٨٩ لە ناوزەنگ بەستراو تێیدا نەخشە ڕێگایەکی تازە پەسند کراو هەروەها بڕیار درا کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە چواچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا یەك بگرنەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا هیچ پلینۆمێکی نەبەستووە. بەڵام مێژووی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باسی بەستنی پێنج پلینۆم دەکات کە بە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە ساڵی ١٩٧٧ دەست پێدەکا. لە ٣١ی ئابی ١٩٧٧، پاش گەڕانەوەی بۆ ناو وڵات، تاڵەبانی یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی لە برادۆست بەست کە تێیدا پەیکەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی ڕێك خرا، ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە نوێنەرانی هەر سێ باڵەکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزوتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتی دیاری کران، تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردراو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە تاڵەبانی و نوێنەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزوتنەوەی سۆسیالیست دیاری کران و پەیکەری ڕێکخراوەیی هێزی پێشمەرگە ڕێك خرا. بەیاننامەی کۆتایی خولی یەکەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی کە تاڵەبانی خۆی نوسیویەتی، دەستەواژەی پلینۆم بۆ کۆبونەوەکان بەکار ناهێنێ و بە درێژایی سەردەمی پێشمەرگایەتیش دیکۆمێنتە فەرمییەکان دەستەواژەی پلینۆمیان بۆ ناسینی ئەو کۆبونەوانە بەکار نەهێناوە. بەکردەوە، کۆبونەوەکانی برادۆست لە روی تەکنیکی بڕیارەکانەوە سنوری کۆبونەوەیان تێپەڕاندووەو لە ئاستی پلینۆم دابون، بەڵام لە مێژووی فەرمیدا ئەو کۆبونەوانە هیچ تایبەتمەندییەکیان پێ نەدراوەو وەك هەر کۆبونەوەیەکی دیکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. ناساندنی ئەو کۆبونەوانە وەك پلینۆم، بۆ قۆناغی پاش سەردەمی پێشمەرگایەتی دەگەڕێتەوە کە تێیدا کۆبونەوەکانی برادۆست بە یەکەم پلینۆمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ژمێردراون.

بەپێی ئەم میتۆدە، پێنج پلینۆمەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پلینۆمەکەی ساڵی ١٩٧٧ی برادۆست دەست پێ دەکەن. پلینۆمی دووەم لە ساڵی ١٩٩٣ لە هەولێر بەستراوەو بابەتە سەرەکییەکەی بڕیاردان بوو لەسەر پڕۆژەی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان. پلینۆمی سێیەم لە ساڵی ٢٠٠٧ لە قەڵاچوالان بەستراوەو تێیدا بڕیار درا شوێنە بەتاڵەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە ئەندامانی یەدەکی سەرکردایەتی پڕ بکرێنەوە. پلینۆمی چوارەم لە ساڵی ٢٠٠٩ لە سلێمانی بەسترا و تێیدا

مەسەلەی جیابونەوەی نەوشیروان مستەفاو ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی، لەوانەی کە بزوتنەوەی گۆڕانیان پێك هێنا بوو، تاوتوێ کراو تێیدا «پەیمانی ئاکار» بۆ کۆتایی هێنان بە دەستەگەری واژۆ کرا. پلینۆمی پێنجەم لە ساڵی ٢٠١٣ لە قەڵاچوالان بەستراو تێیدا بڕیار درا بەستنی کۆنگرەی چوارەم بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ دوا بخرێ.

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، پلینۆم بەپێی ماددەی ٢٢ جگە لە گۆڕینی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆو هەڵبژاردنەوەی سکرتێری گشتی، هەموو دەسەڵاتێکی کۆنگرەی هەیەو دەشتوانێ سێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند بگۆڕێ. بەپێی ئەم ماددەیە، ئامانجی بەستنی پلینۆم «پێداچونەوەی کاروبارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وەرگرتنی بیروڕای زۆرترین ژمارەی ئەندامانی لێپرسراوە» و لەسەر داوای سکرتێری گشتی یان دوسێی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یان دوسێی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند دەبەسترێ و بەشداربووەکانی پلینۆم لە سکرتێری گشتی و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندو ئەندامانی مەکتەب و دەزگاکان و ئەنجومەنی مەڵبەندەکان پێکدێن.

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەمدا، پاساوەکانی بەستنی پلینۆم وەکو خۆیان مانەوە و دیسان جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە لە کاتی نەبەستنی کۆنگرە « لەبەر هەر هۆکارێك» پلینۆم دەبەسترێ و ئەرکی پێداچونەوەی کاروباری حزب و وەرگرتنی بیروڕای کادیران دەگرێتە ئەستۆ. هەردوو پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم و چوارەم جەختیان کردۆتە سەر ئەوەی کە پلینۆم تەنها بۆ یەك جار دەتوانێ کاتی بەستنی کۆنگرە دوا بخات، بەڵام جیاوازی لەوەدا هەیە کە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم وردتر بۆ مەسەلەکە چووە و وای داناوە کە پلینۆم بۆ ماوەی ٣ تا ٦ مانگ دەتوانێ کۆنگرە دوا بخات، لە کاتێکدا کە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم ماوەی دواخستنی کۆنگرەی بە رەهایی هێشتۆتەوە.

پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم پانتایی بەشداریی لە پلینۆم فراوانتر کردووە و مافی بەشداریی بە گروپی دیکە داوە کە ئەمانەن: دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێشمەرگەکانی قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار ناسراو بە پێشمەرگەکانی ١٩٧٦، ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی، جێگرانی لێپرسراوەکانی مەڵبەندەکانی رێکخستن، لێپرسراوانی بەشەکانی مەڵبەند، سکرتێری رێکخراوەکانی ژنان و خوێندکاران و لاوان، وەزیر و پەرلەمانتارەکانی لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

هەردوو پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی گۆڕینی ئەندامانی سەرکردایەتییان بۆ پلینۆم سەلماندووە، بەڵام جیاوازی لە رێژەکە دایە. پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم دەسەڵاتی گۆڕینی سێیەکی ئەندامانی سەرکردایەتیی بە پلینۆم داوە، لە کاتێکدا پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم دەسەڵاتی گۆڕینی چارەکی ئەندامانی سەرکردایەتیی بە پلینۆم بەخشیوە. بەڵام لە هەردوو پەیڕەوی ناوخۆدا گۆڕینی دامەزراوەی سەرکردایەتی پلەی کۆتایی وەرنەگرتووە، بەڵکو پلینۆم خۆی بڕیار لەسەر ئەوە دەدا کە ئاخۆ گۆڕینی دامەزراوەی سەرکردایەتی پێویستە یان نا. هەروەها لە هەردوو پەیڕەوی ناوخۆدا هیچ میکانیزمێك بۆ گۆڕینی سەرکردایەتی

دیاری نەکراوە، بەڵام پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم ئاماژەی بەوە داوە کە پرۆسەی گۆڕینی سەرکردایەتی بەپێی ئەو ڕێکارانە بەڕێوە دەچێ کە لە ناو پلینۆم پەسند دەکرێن.

هەروەها لە مەسەلەی بانگهێشتی بەستنی پلینۆمدا، جیاوازی لە نێوان هەردوو پەیڕەوی ناوخۆدا هەیە. پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم بڕیاری لەسەر ئەوە داوە کە پلینۆم لەسەر داوای سکرتێری گشتی یان دووسێی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یان دوسێی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند دەبەسترێ، بەڵام پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم دەسەڵاتی بانگهێشتی پلینۆمی تەنها بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی داوە و وای داناوە کە پلینۆم لەسەر داوای دووسێی ئەندامانی ئەنجومەن دەبەسترێ.

پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم لە مەسەلەی ئەوەی کە ئاخۆ پلینۆم دەسەڵاتی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ و پڕۆگرامی هەیە یان نا، هیچی نەدرکاندووە و بێدەنگە، لە کاتێکدا کە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم ئەم مەسەلەیەی لە بڕگەی سێیەمی ماددەی ٢٢دا بە لایەکدا خستووە و بڕیاری داوە کە پلینۆم «هەموو دەسەڵاتێکی کۆنگرەی هەیە، جگە لە گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەو و سکرتێری گشتی». لەم سەروبەندەدا پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم، لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی گۆڕینی چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بە پلینۆم داوە، ئەوەی ڕون نەکردۆتەوە کە ئاخۆ پلینۆم دەسەڵاتی گۆڕینی هاوسەرۆکی هەیە یان نا. بەڵام لە بەرامبەردا، پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم لە ماددەی ٦٩ دا میکانیزمێکی بۆ هەموارکردنەوە داناوە کە دەرفەتی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، نەك لە پلینۆم، دەرەخسێنێ.

بابەتی پەیوەندیدار:

*برادۆست (کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی).

*نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

*نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان).

*شێنێ (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

## پلینۆمی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پلینۆمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قەڵاچوالان لە ساڵی ٢٠١٣. پلینۆمەکە لە کۆبونەوەی ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاری بەستنی درا بۆ دیاری کردنی کاتی بەستنی کۆنگرەی چوارەم و هێشتنەوەی شەرعیەتی سەرکردایەتی تا کاتی بەستنی کۆنگرە.

لە١٠ی تشرینی یەکەمدا پلینۆم لە قەڵاچوالان لە هۆڵی شەهاب شێخ نوری بەسترا. ژمارەی ئەندامانی پلینۆم ڕانەگەیەنراوە بەڵام ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» ژمارەی ئەندامانی بە زیاتر لە هەزار ئەندام مەزەندە کردووە. پلینۆمەکە پاش شکستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهەڵبژاردنی پەرلەمان بەستراو ئەم بابەتە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بڕیارو بۆچونەکانی ناو پلینۆم هەبوو.

ماوەی پلینۆمەکە زۆر کورت بوو، تەنها ٢٠ تا ٢٥ خولەکی خایاند و ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بە «کورتترین پلینۆمی یەکێتی» ناوی بردووە. لە وتارەکەیدا کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی وتی «بە ناوی خۆم و مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتییەوە داوای لێبوردنتان لێ

دەکەم، چونکە دەزانین هەموتان دڵتان پڕە لە بەرامبەر دەرەنجامەکانی ئەمجارەی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان... ئێمە وەك مەکتەبی سیاسی بە پلەی یەکەم و سەرکردایەتی بە پلەی دووەم ئەم ئۆباڵەمان دەکەوێتە ئەستۆ».

لە کۆتاییدا پێشنیاری بەستنی کۆنگرەی چوارەم لە ٣١ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کراو کۆتایی بە پلینۆمەکە هات.

## پلینۆمی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پلینۆمی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ لە شاری سلێمانی. سەرەتای بیرکردنەوە لە بەستنی ئەم پلینۆمە بۆ ئایاری ٢٠٠٩ دەگەڕێتەوە، کاتێك کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی لە دوکان بڕیاریدا پلینۆمێك پێش بەستنی کۆنگرەی سێیەم ببەسترێ. ئەم پلینۆمە پاش دەستلەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفای جێگری سکرتێری گشتیو جیابونەوەی ژمارەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی سەرکردایەتیو پێکهێنانی بزوتنەوەی گۆڕان بەسترا، بۆیە تاوتوێ کردنی مەسەلەی دەرچونی ئەو ژمارە زۆرەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیو کاریگەریی لەسەر ڕەوشی یەکێتیو هەرێم تەوەری سەرەکیی پلینۆمەکە بوو.

لە٢٨ی ئایاردا مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا هەر ئەندامێکی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کردبێ، تا کۆنگرەی داهاتوو بەسڕکراوی بمێنێتەوە. بەڵام پاش بەشداری کردنی بزوتنەوەی گۆڕان لەهەڵبژاردنی پەرلەمان لە ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩ بە لیستێکی جیا، هەلومەرجێکی تر هاتە ئاراوەو یەکلاکردنەوەی مەسەلەی یەکێتی بون و یەکێتی نەبونی ئەندامە سڕکراوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی بووە شتێکی پێویست.

لە١٢ی تشرینی یەکەمدا کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی بڕیاریدا پلینۆم لە ٢٩ی تشرینی یەکەم ببەسترێو سێ ڕۆژ بخایەنێ. بۆ ئەم مەبەستە، لیژنەیەکی ئامادەکار بە سەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم بۆ رایی کردنی کاروباری پلینۆم پێك هێنرا. لە١٤ی تشرینی یەکەمدا تالەبانی لە کەرکوك لە کۆبونەوەی لەگەڵ ئەندامان و کادیرانو لێپرسراوانی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك بەڵێنی دا کە پلینۆم دەست بەگۆڕانکاریی بەرچاو بکاو چاکسازیو نوێبونەوە ئەنجام بدا. لە٢٦ی تشرینی یەکەمدا سەرچاوەیەکی بەرپرس لە سەرکردایەتیی یەکێتی رایگەیاند کە هیچ یەکێك لەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی سەرکردایەتی کە چونەتە پاڵ بزوتنەوەی گۆڕانەوە بانگهێشتی پلینۆم ناکرێن. لە٢٨ی تشرینی یەکەمدا کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا وادەی بەستنی کۆنگرەی سێیەم لە پلینۆم دیاری بکرێ.

لە٢٩ی تشرینی یەکەمدا، وەك بڕیاری لێ درابوو، پلینۆم لە تەلاری هونەری شاری سلێمانی لە ژێر دروشمی «بەرەو چاکسازیو یەکڕیزیی یەکێتیو جێبەجی کردنی بەرنامەی لیستی کوردستانی» بە ئامادەبونی ١٦٠٠ ئەندام دەستی بەکارەکانی کرد. پێش بەستنی پلینۆم، ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە ٢٦ی تشرینی یەکەمدا دەستی بە دەرکردنی پاشکۆیەکی تایبەت بە پلینۆم کرد کە تا ڕۆژانی دوای کۆتایی هاتنی پلینۆمەکەش هەر بەردەوام بوو لەسەر دەرچون.

دکتۆر فوئاد مەعسوم لێپرسراوی لیژنەی باڵای ئامادەکاری پلینۆم بە وتارێك پلینۆمی کردەوەو ئەندامانی لیژنەی باڵا کە ئەمانە بون: ئەرسەلان بایز، مەلا بەختیار، کۆسرەت ڕەسول عەلی، دکتۆر بەرهەم ساڵح ئەحمەد، ڕەفعەت عەبدوڵڵا و جەمال یوسف سەرپەرشتیی دانیشتنەکانی ڕۆژی یەکەمی پلینۆمیان کرد.

تاڵەبانی راپۆرتی گشتیی پێشکەش کرد، کێشەکانی ناو سەرکردایەتیی یەکێتیی تێدا شی کردەوەو جەختی کردەوە سەر هاوپەیمانیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات.

پلینۆم چەند لیژنەیەکی پێك هێناو ئەندامانی پلینۆم بەسەر لیژنەکاندا دابەش بون. لیژنەکان بریتی بون لە لیژنەی تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی راپۆرتی سیاسیی سکرتێری گشتی، کۆنگرە، پێشمەرگە، رێکخستن، پەیوەندییەکانی دەرەوە، راگەیاندن، سکاڵاو راسپاردە.

لە دوایین رۆژدا پلینۆم مەسەلەی ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتیی تاوتوێ کرد کە وازیان لە یەکێتی هێناوەو بزوتنەوەی گۆڕانیان پێك هێناوە و لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکێتیی نیشتمانییەوە نەماوە. سەبارەت بە پڕکردنەوەی شوێنی بەتاڵی ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی سەرکردایەتی، پلینۆم ئەوەی پەسند کرد کە تا بەستنی کۆنگرە شوێنیان بە بەتاڵی بهێڵدرێتەوە.


سەبارەت بە مەسەلەی ئەنجومەنی ناوەندیش، پلینۆم بڕیاریدا ئەو ئەنجومەنە پاش کۆتایی هاتنی پلینۆم پێك بهێنرێت و لە خولی یەکەمیدا ئەندامەکانی بەبێ هەڵبژاردن دابندرێن.

هەر ئەو رۆژە لیژنەی کۆنگرە راپۆرتی خۆی خوێندەوەو تێیدا رەخنەی لە نەبەستنی کۆنگرە گرت، بە «پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ» ناوی بردو رایسپارد کۆنگرەی سێیەم لە ماوەی نێوان ١٥ی نیسان و ١٥ی ئایاری ساڵی ٢٠١٠ ببەسترێ‌و رایگەیاند کە کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆی نیە بە هیچ بیانویەك وادەکە دوا بخات. ناوەڕۆکی راپۆرتەکە لە لایەن ئەندامانی پلینۆمەوە پەسند کرا.

هەروەها پلینۆم پێشنیارەکەی تالەبانیی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە سامانی لێپرسراوان پەسند کردو لە کۆتاییشدا «پەیمانی ئاکار»واژۆ کرا کە تێیدا ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی بەڵێنیان دا کە لەمەولا «دور لەگیانی دەستەگەری» کار دەکەن و «پابەندی پەیڕەوو پرۆگرامی پەسندکراوی دووەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبن».

بەپێی راگەیاندنی کۆتایی پلینۆم، لە ١٦٠٠ئەندامە بەشداربووەکەی پلینۆم ١٣٥٠ی پیاو بووەو ٢٥٠ی ژن بووەو لە توێژی لاوەکاندا ٢٠٠ کەس لەگروپی تەمەنی ٢٥-٣٠ ساڵ بووەو ٤٠٠ کەسیش لەگروپی تەمەنی ٣١-٤٠ ساڵ بووەو لە ڕوی بڕوانامەی زانستیشەوە ٦٥٪ی ئەندامە بەشداربووەکان خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بون.

## پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان



دوایین کۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ماوەی ٣-٥ی حوزەیرانی ١٩٨٩ لەگوندی ناوزەنگ. ئەم کۆبوونەوەیە لە ژێر دروشمی «خۆڕاگرتن، بەردەوامبوون لەسەر خەبات، پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی و بەهێزکردنی بەرەی کوردستانی لە پێناوی عیراقێکی دیموکرات و کوردستانێکی خاوەن مافی چارەنووسدا» بە بەشداریی ٤٧ کادیر بەسترا. لەڕووی تەمەنەوە، گەورەترین تەمەن تێیدا ٦٣ ساڵ بوو، بچوکترینیش ٢٢ ساڵ. بەشداربووان بەپێی پلەی خوێندەوارییان بەم جۆرە دابەش بوون: ٣ دکتۆرا، ٦ بەکالۆریۆس، ٢٩ دبلۆم و ئامادەیی و ٩ دەرچووی ناوەندی.

لەم کۆبوونەوەیەدا جەلال تاڵەبانی وەك سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی و فەرەیدون عەبدولقادر وەك نوێنەری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وتاریان خوێندەوە.

تاڵەبانی لە وتارەکەیدا جەختی کردە سەر پێویستیی خۆڕاگریو درێژەدان بەخەبات لەپێناوی ئامانجە نیشتمانییەکاندا. فەرەیدون عەبدولقادر لە وتارەکەیدا مەسەلەیەکی وروژاند کە هەرایەکی زۆری لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەراندا نایەوە، کاتێك ئاماژەی بەپێویستیی یەکخستنی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵەی رەنجدەران لەسەر بناغەیەکی نوێترو تۆکمەتر داو سەرنجی بەلای ئەوەدا راکێشا کە مەسەلەیەکی گرنگە و بابەتێک کە دەبێ دایەلۆگی لەسەر بکرێ ئەوەیە کە بە چ شێوەیەك ئاستی یەکێتی و برایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان بگەینرێتە ئاستێکی «باڵاتر»و لە ئاستی «هاوپەیمانییەوە» بگەینرێتە ئاستی «یەکبون». ئەمە، بەکردەوە، بە مانای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان دەهات کە مەسەلەیەکە پێش پلینۆمەکە لە ناو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا تاوتوێ کرابوو و بە شێوەیەکی سەرەتایی بڕیاری لێ درابوو. وتارەکەی فەرەیدون عەبدولقادر بەیەکەم ئاماژەی رون بۆ ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی رەنجدەران دادەندرێ، بەڵام جێبەجێ کردنی بڕیارەکە بۆ ساڵی ١٩٩٢ دواکەوت.

پلینۆم سەرکردایەتییەکی حەوت کەسیی بۆ یەکێتیی شۆڕشگێڕان هەڵبژارد کە پێکهاتبوو لە دکتۆر فوئاد مەعسوم (سکرتێر)، دکتۆر کەمال فوئاد، نازم عومەر، عەلی محەمەد ساڵح تاڵەبانی، عەبدوڵڵا عومەر، چەتۆ رەئوف حەوێزیو شەوکەت حاجی موشیر. دوو ئەندامیش، عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمە ناسراو بە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و عومەر عەزیز قادر بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردران.

## پاشکۆ
## بەیاننامەی کۆتایی پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

لە ژێر دروشمی «خۆڕاگرتن، بەردەوامبون لەسەر خەبات، پاراستنی یەکێتیی نیشتمانیو بەهێزکردنی بەرەی کوردستانی لەپێناوی عیراقێکی دیموکراتو کوردستانێکی خاوەن مافی چارەنوسدا» کۆبونەوەی فراوانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ناوزەنگ لە٣ ـ ٥ ی حوزەیرانی ١٩٨٩ پێکهات. پاش کردنەوەی کۆبونەوە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان، کۆمیتەی سەرکردایەتی بەوتارێك بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکانو بەشدارانی کۆبونەوەی کرد. ئەمجا هەڤاڵی بەڕێز مام

جەلال وتارێکی بە نرخی پێشکەشکرد لەبارەی باری ئێستای کوردستان و ئەرکەکانی خەباتی ئەمڕۆمان و پێویستیی پاراستنی ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی و بەهێزکردنی بەرەی کوردستانیو هەوڵدان بۆ زیاتر ناساندنی مەسەلەی کورد بەڕای گشتیی جیهان وەك مەسەلەی رەوای گەلێکی زۆرلێکراو، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ژێر دەستی عیراقدا بەرەنگاریی جەورو ستەم و چەوساندنەوە دەبێت بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە تائێستا لە مێژووی گەلەکەماندا وێنەی نەبینراوە، بۆیە دەبێت رۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلی کوردو هێزە شۆڕشگێڕەکان، ئەمڕۆ زیاتر لەپێشان خەباتی خۆیان یەك بخەن و بە هێزی بکەن دژی رژێمی فاشیستی بەعسی عیراق و کردەوە نارەواکانی بەرامبەر بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

دوای سکرتێری گشتی، هەڤاڵی بەڕێز نوێنەری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وتارێکی پێشکەشکرد کە تێیدا بەگەرمی پیرۆزبایی لە بەشداران کرد بەبۆنەی بەستنی کۆبونەوەی فراوانەوە. ئەمجا هاتە سەر باسی هاوپەیمانی و هاوخەباتی و هاوسەنگیی نێوان کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە پێویستە ببێتە بەردی بناغە بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی نیشتمانیی بەهێزو پتەو کە لە قۆناغی ئێستادا بتوانێت سەرکردایەتیی خەباتی سەختی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکات دژی دەستدرێژییەکانی رژێمی پیاوکوژی عیراق لەپێناوی هێنانەدیی ئامانجە رەواکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانێکی خاوەن مافی چارەنوسدا.

کۆبونەوەی کردنەوە بە سوپاس کردنی میوان و بەشداران کۆتایی هات. لە کۆبونەوەکانی داهاتودا لەپێشەوە سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان راپۆرتی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پێشکەش کرد لەبارەی باری ناوخۆی یەکێتیی شۆڕشگێڕانەوە لە کۆبونەوەی رابردووەوە (١١ ـ ١٤ ی ئەیلولی ١٩٨٥ تا کاتی کۆبونەوەی ئێستا، هەروەها لەبارەی باری ئەمڕۆی کوردستان و باری سیاسی لە ناوچەکەو لە جیهان و پەیوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە. پاش لێکۆڵینەوەیەکی دورو درێژو هەندێك گۆڕانکاری، راپۆرتەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا. دوابەدوای راپۆرتی سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان، مەکتەبەکانی رێکخستن و نوێنەرانی رێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات راپۆرتی خۆیان خوێندەوە.

رۆژی دوایی دانرا بۆ رەخنەو لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەسەر پێشنیارو راسپاردەکان، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

١- بەردەوامبون لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕانە بەهەموو شێوەیەکی شیاو لەگەڵ باری ئێستای کوردستاندا بەخەباتی چەکداریشەوە.

٢- پتەوکردنی ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی رێکخستنێکی یەکگرتوی فراوان کە ئەرکی سەرکردەکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە قۆناغی خەباتدا بگرێتە ئەستۆ.

٣- هەوڵدان بۆ پتەوکردنی بەرەی کوردستانیو بەهێزکردنی گیانی تەبایيو هاوخەباتی لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ئاراستەکردنی خەباتیان دژی دوژمنی سەرەکی کە ئەمڕۆ خۆی لە رژێمی فاشیستی بەعسی عیراقو هاوکارەکانیدا دەبینێ.

٤- پشتیوانیکردن لەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی عیراقیی فراوان کە ئەم هێزانە کۆ بکاتەوە: نەتەوەیی عەرەبی، بەرەی کوردستانی، ئیسلامی، شیوعیو دیموکراتی.

٥- پشتیوانیکردن لە خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لەپێناوی بەدیهێنانی

مافی نەتەوەیی‌و دابینکردنی مافی خۆبڕیاردان و لایەنگری لە خەباتی گەلانی ژێردەست لە ناوچەکەو لەجیهان دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، دژی داگیرکردنو چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بەتایبەتی خەباتی گەلی فەلەستین و بزوتنەوەی نیشتمانیی لوبنانی.

٦- بایەخدان بەڕاگەیاندن و چالاکیی دیبلوماسی لەسەر ئاستی ناوچەکەو لە جیهان بۆ زیاتر ناساندنی بارودۆخی ئێستای کوردستانو کێشەی نەتەوەی کورد بە ڕای گشتیی جیهانی‌و دەستخستنی کۆمەکی ماددی‌و مەعنەوی بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردو ئاوارەکان و راگوێزراوەکان، لەپێناوی زیاتر ریسواکردنی رژێمی پیاوکوژی بەعسی عیراقو کردەوە نامرۆڤایەتییەکانی دژی نەتەوەی کورد.

دەربارەی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆ، باری رێکخستن، چۆنێتیی رێکخستنی پەیوەندییەکان لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، شێوەی خەباتی داهاتومان و چالاکیی پێشمەرگایەتی، کۆبونەوەی فراوان پاش لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکانی ئەمڕۆی خەبات بە ڕەچاوکردنی باری ناوچەکەو جیهان، کۆمەڵێك بڕیاریدا، لەدوا کۆبونەوەدا کۆمیتەی سەرکردایەتی خۆی لەکار کێشایەوە تا رێگا چۆڵ بێت بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ. بەم پێیە، لە ئەتمۆسفیرێکی دیموکراتیدا کۆبونەوەی فراوان سەرکردایەتیی نوێی لە حەوت ئەندام و دوو ئەندامی جێگر هەڵبژارد. لە هەموو کۆبونەوەکاندا ئەندامان بەگیانی هەڤاڵانەو هەست کردن بەلێپرسراوی، بە ئەوپەڕی سەربەستییەوە بیروڕای خۆیان دەردەبڕی‌و لە لێکۆڵینەوەکاندا بەگەرمی بەشدار دەبوون.

ئێوارەی رۆژی دووشەممەی ٥ی حوزەیران کۆبونەوەی فراوان کۆتایی بە کاروبارەکانی هێنا. بۆ رۆژی دوایی بەشداران بە ورەی بەرز و گیانی لەخۆبوردنەوە لە پێناوی مەسەلەی گەل و نیشتماندا گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان.

کۆمیتەی سەرکردایەتی

ناوزەنگ

١٩٨٩/٦/٦

## پلینۆمی دووەمی یەکێتیی نیشمانیی کوردستان

پلینۆمی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە کانونی دووەمی ١٩٩٣ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر، بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆژەی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەستراوە.

لە ئابی ١٩٩٢ بە دواوە پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لێك تێگەیشتنێکی پێشکەوتویان سەبارەت بە تاوتوێ کردنی پرۆژەی یەکخستنەوەی هەردوو حزب بەدی هێنا بوو. لە ناو هەموو حزبە کوردستانییەکاندا، حزبی سۆسیالیست لە روی ریشەی مێژویی و ستراکچەری فیکرییەوە لە هەمویان زیاتر لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە نزیکتر بوو. زۆربەی سەرکردەو کادیرەکانی حزبی سۆسیالیست لە قۆناغە جیاوازییەکاندا ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بون. هەردولاش لەساڵی ١٩٧٦دا لە چوارچێوەی پلانێکی هاوبەشدا، بەشدار بون لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٦ دا حزبی سۆسیالیست یەکەم حزب بوو کە بە پیر بانگەوازی ئاشتبونەوەی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە چوو بوو. ئاشتبوونەوەی ساڵی ١٩٨٦ی یەکێتیی نیشتمانی و حزبی سۆسیالیست رێخۆشکەر بوو بۆ ئاشتبونەوەی

یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بەرەی جود. دواتریش، هەردولا رۆڵێکی کاریگەریان لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا گێڕا. لەبەر ئەم هۆیانە، زۆر خاڵی هاوبەش بۆ لێك نزیکبونەوەو لێك تێگەیشتن لە نێوانیاندا هەبوو.

سەربار، دۆخی حزبی سۆسیالیست بە هۆی کێشەی ناوخۆییەوە شپرزەیی پێوە دیار بوو و دەرفەت هەبوو بە یەکگرتنەوەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو شپرزەییە نەهێڵێ. حزب تازە وازی لە پڕۆژەی یەکگرتنەوەی سێقۆڵی لەگەڵ پاسۆك و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان هێنا بوو و وا تەماشای ئەو یەکگرتنەی دەکرد کە تەڵەیەك بووە بۆ پاکتاوکردن و سڕینەوەی لە مەیدانی سیاسی. لەو ماوەیەدا حزبی سۆسیالیست بژاردەی یەکگرتنەوەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شەن و کەو کردو بە گونجاوترین بژاردەی دانا. لێرەوە هەنگاوەکانی کارکردن بۆ یەکخستنەوەی هەردولا دەستیان پێ کرد. حزبی سۆسیالیست شاندێکی بە سەرۆکایەتیی محەمەد شاکەلی و ئەندامەتیی شیروان شێرەوەندی و بەهرۆز گەلاڵی بۆ دانوستان پێکهێنا. یەکێتیی نیشتمانیی شاندێکی بۆ هەمان مەبەست بە سەرۆکایەتیی جەبار فەرمان و ئەندامەتیی مستەفا سەید قادر و چەتۆ حەوێزی پێکهێنا. هەردو شاند سەبارەت بە بابەتی یەکگرتنەوە گەیشتن بە سازان و لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا کۆپیی یەکەمی پەیمانی یەکگرتنەوەی هەردوو حزب ئامادە کرا. پاش ئەوەی دانوستانەکە بە سەرکەوتویی بەڕێوە چوو و سازان لەسەر هەموو پرسە سەرەکییەکان کرا، حزبی سۆسیالیست بڕیاریدا کۆنگرەی دووەم ببەستێ و لەوێ بڕیاری یەکجارەکی لەسەر یەکگرتنەوەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدا. حزبی سۆسیالیست لە ٤ی تشرینی دووەمدا کۆنگرەی بەست و زۆر بە وردی بابەتەکەی مشتوماڵ کرد. لە کۆتاییدا کۆنگرە بە کۆی دەنگ پڕۆژەی یەکگرتنەوەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی پەسند کرد.

پاش یەکلابونەوەی هەڵوێستی حزبی سۆسیالیست، تاڵەبانی لە ٦ی کانونی یەکەمدا بانگەوازێکی گشتیی بە شێوەی وتار بۆ یەکگرتنەوەی حزبە سۆسیالیست و چەپ و پێشکەوتنخوازەکان لە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاو کردەوەو داوای لە هەموو ئەو لایەنانە کرد کە لەمەوبەر «لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خەباتیان کردووە» بێنەوە ناو یەکێتیی نیشتمانی و «جێگای خۆیان لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەنەوە».

ئەم بانگەوازە کەش و هەوایەکی گونجاوی بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژەکە پێکهێناو هەنگاوەکانی یەکخستنەوەی خێراتر کرد. لەم سەروبەندەدا یەکێتیی نیشتمانی بڕیاریدا پلینۆمێك بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژەی یەکگرتنەوەو بەدەستهێنانی رەزامەندیی کادیرە پێشکەوتووەکانی لەسەر یەکگرتنەوە لەگەڵ حزبی سۆسیالیست ببەستێ.

لە کانونی دووەمی **١٩٩٣** دا پلینۆمی دووەم لە هۆڵی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر بە ئامادەبونی ٤٥٠ کادیری پێشکەوتوو بەسترا. تاڵەبانی و دکتۆر فوئاد مەعسوم کۆبونەوەکەیان بەڕێوە بردو وردەکاریی پڕۆژەکەیان باس کرد. تاڵەبانی لە وتارەکەیدا پاڵنەرەکانی پڕۆژەکەی رون کردەوەو باسی ئەوەی کرد کە حزبی سۆسیالیست خۆی هەڵدەوەشێنێتەوەو بە هەموو سەرکردایەتی و کادیران و ئەندامەکانییەوە دێتە ناو یەکێتیی نیشتمانی و لە بەرامبەردا کادیرەکانیان لە ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانی جێگایان دەکرێتەوەو پلەی شیاویان پێ دەدرێ. هەروەها وتی لە ناو دامەزراوەی سەرکردایەتیش

چوار پۆستی سەرکردەیی  بە حزبی سۆسیالیست دەدرێ و رایگەیاند کە رەسوڵ مامەند پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی وەردەگـرێ، محەمەد شاکەلی و شیـروان شیـرەوەنـدی پلەی ئەندامی کۆمیتەی سـەرکردایـەتـی بـەدەست دێنن و بـەهـرۆز گـەلاڵـی پلەی ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پێ دەدرێ. هەروەها لە پلینۆمەکەدا عەبدولکەریم حاجی لێپرسراوی پەیوەندییە نیشتمانییەکان ئاماژەی بە هەندێ لە وردەکارییەکانی پرۆژەکە کردو بایەخی پرۆژەکەی رون کردەوە. دوای گفتوگۆ سەبارەت بە پرۆژەکەو میکانیزمەکانی جێبەجێ کردنی، پرۆژەکە خرایە  دەنگدانەوە، تەنها سێ کەس دژی وەستانەوە.

لەگەڵ تەواوبونی پرۆسەی دەنگداندا، پلینۆمیش کۆتایی بە کارەکانی هێنا. پلینۆمەکە دوو سەعاتی خایاند، جگە لە بابەتی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیست، هیچ بابەتێکی تری تێدا تاوتوێ نەکرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پەیمانی یەکگرتنەوەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

*بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

*حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

## پلینۆمی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پلینۆمی سالی ٢٠٠٧ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قەڵاچوالان. ئەم پلینۆمە لە کۆبونەوەی ٢٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ی مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی بڕیاری لێ درا و بۆ رایی کردنی کاروباری پلینۆمەکە لیژنەی باڵای ئامادەکاری پلینۆم لە پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێك هات کە ئەمانەن: دکتۆر فوئاد مەعسوم، مستەفا سەید قادر، مەلا بەختیار، عومەر سەید عەلیو ئەرسەلان بایز. لە ٢٧ی کانونی یەکەمدا لیژنەکە راپۆرتێکی لەم روەوە پێشکەش بە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی کردو لەم کۆبونەوەیە بڕیار درا پلینۆم لە ٧ی کانونی دووەمی ٢٠٠٧ ببەسترێو شوێنە بەتاڵەکانی ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی لە پلینۆم لە رێی هەڵبژاردنەوە پڕ بکرێنەوە.

لەم سەروبەندەدا رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دەستی بە بڵاوکردنەوەی زنجیرە سەروتارێك سەبارەت بە پلینۆم کرد کە نوسەرەکەی کاوە محەمەد بوو.

لە٤ی کانونی دووەمدا ئەندامی لیژنەی باڵای ئامادەکاری پلینۆم، ئەرسەلان بایز، لەلێدوانێکدا بۆ «کوردستانی نـوێ» رایگەیاند کە ئامانجەکانی بەستنی پلینۆم بریتین لە چاکسازیو بەدامەزراوکردنی یەکێتیو کارکردن بە پەیڕەوی ناوخۆو پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی. هەمان رۆژ کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی بڕیاری دا پلینۆم لە کات و شوێنی بڕیارلێدراو ببەسترێ و وای مەزندە کرد کە پلینۆم سێ رۆژ دەخایەنێ.

لە ٧ی کانونی دووەمی ٢٠٠٧ پلینۆم بەئامادەبونی ٨٠٨ ئەندام، لەوانە ٥٥ ژن، لە هۆڵی شەهاب شێخ نوری لە قەڵاچوالان لە ژێر دروشمی «بەرەو نوێکاریی یەکێتیو پەرەپێدانی دەزگاکان» بەسترا. هەر ئەو رۆژە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» پاشکۆیەکی تایبەت بەپلینۆمی دەرکرد. لەرۆژی یەکەمی پلینۆمدا تاڵەبانی راپۆرتی کۆمیتەی سەرکردایەتیی خوێندەوە دوا بەدوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە، چوار لیژنە پێك هات کە بریتی بون لە لیژنەکانی تاوتوێ کردنی راپۆرتی سکرتێری گشتی، سکاڵا، هەڵبژاردن و راگەیەنراوی کۆتایی.

لە رۆژی دووەمی پلینۆمدا لیژنەکان راپۆرتەکانیان خوێندەوەو پاش تاوتوێ کردنیان خرانە دەنگدانەوەو

پەسند کران. لە دانیشتنی پاش نیوەڕۆدا پلینۆم مەسەلەی پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی تاوتوێ کردو پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بۆچونەکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە شوێنە بەتاڵەکان بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی پڕ بکرێنەوە، هەروەها بڕیار درا هەر ئەو ساڵە کۆنگرەی سێیەم ببەسترێ. پلینۆم هەمان ڕۆژ بە وتاری تاڵەبانی، کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

لە٩ی کانونی دووەمدا لە یەکەم کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی پاش پلینۆم، کۆبونەوەکە پلینۆمەکەی بە «سەرکەوتوو» لە قەڵەم داو وەك «وێستگەیەك بۆ نوێبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نەهێشتنی گەندەڵیو ئەکتیڤ کردنی دەزگاکان» هەڵی سەنگاند. لە ١٠ی کانونی دووەمدا کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی پلینۆم لە قەڵاچوالان کۆبۆوە.

## پلینۆمی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

پلینۆمی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە بەرگەڵووی دۆڵی جافەتی کە لە ماوەی ١٥-١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٨٥ بۆ دانانی پلانێك بۆ شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ باڵی «ئاڵای شۆڕش»و بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سەرکردە گیراوەکانی باڵەکە بەستراوە.

لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کە لە تەموزی ١٩٨٤ لە دۆڵی مێرگەپان بەسترا، ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵە تەقینەوەو هەڕەشەی جیابونەوە بوە ئەگەرێکی بەهێز. هەوڵێکی زۆر بۆ پاراستنی یەکپارچەیی کۆمەڵە درا. بە روکەش لە کۆنفرەنسدا جیابونەوە روی نەدا بەڵام بە کردەوە، هەوڵەکانی ڕێگرتن لە جیابونەوەو لەتبون، هەر ئەوەندەیان پێ کرا کە جیابونەوەکە دوا بخەن و بۆیان نەلوا کێشەی ناوخۆیی لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەر بکەن.

هەندێ زانیاریی پچڕ پچڕ ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ڕێکخستنێکی ئایدیۆلۆژیی نهێنی لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران پەیدا بووەو تێڕوانینەکانی لە تێڕوانینە فەرمییە ڕاگەیەندراوەکانی کۆمەڵە توندڕەوترن. لە حزبێکدا کە ستراکچەرە ئایدیۆلۆژییەکەی لەسەر دیسپلینی تەواوو ناوەندێتیی توندوتۆڵ دامەزراوە، پەیدابونی ڕەوتێکی خاوەن تێڕوانینی جیاواز لە تێڕوانینی فەرمی، کارێکی ڕێپێدراو نابێ و بە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر یەکپارچەیی ڕێکخراوەیی دادەندرێ. تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕەوتەکە تا ڕادەیەکی زۆر توندڕەوییان بەلای چەپگەراییدا پێوە دیار بوو. ئەمەش یارمەتیی ئەوەی دا کە ڕەوتەکە بە بان چەپ پۆلین بکرێ. لە نیسانی ١٩٨٥ بە دواوە هەڵمەتێکی سیستماتیك لە ناو ڕێکخستنەکان و هەروەها لە گۆڤاری «کۆمەڵە» دژی ئاراستەو تێڕوانینەکانی ڕەوتی بان چەپ بە مەبەستی بنکۆڵ کردن و پوکاندنەوەی پاساوە ئایدیۆلۆژییەکانی دەستی پێ کرد.

لە کۆتایی ساڵ بڕیار درا سنورێك بۆ جموجوڵی ڕەوتەکە دابنرێ. لە تشرینی دووەمدا هەر سێ سەرکردە دیارەکەی ڕەوتەکە دەستگیر کران و لە ماوەی ١٥-١٧ی کانونی یەکەمدا پلینۆمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بە ئامادەبونی ٦٠ تا ٦٤ کادیری پێشکەوتوو لە بەرگەڵوو بەسترا. پلینۆم بە درێژایی سێ ڕۆژ بابەتی ڕێکخستنە نهێنییەکەی کە دواتر ناو نرا «ئاڵای شۆڕش» تاوتوێ کردو لەم سەروبەندەدا بڕیاری پاکتاوکردنی ڕەوتەکەو قەدەغەکردنی جموجوڵی لایەنگرانی دا. سەبارەت بە چارەنوسی سەرکردە دەستگیرکراوەکانیش، بە زۆرینەی ڕەها بڕیاری پاکتاوی جەستەییان بۆ دەرچوو. بەڵام جێبەجێ کردنی بڕیارەکە پێویستی بە ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بڕیاری پلینۆم سەبارەت بە پاکتاوکردنی جەستەیی سەرکردەکانی باڵەکە تاوتوێ کرا. نوێنەرانی کۆمەڵە وەك پابەندبونێك بە بڕیارەکەی پلینۆم، پشتگیریی بڕیارەکەیان کرد، بەڵام زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لەوانە بەتایبەتی دکتۆر فوئاد مەعسوم و نازم عومەر دەباغ، دژی بڕیارەکە وەستانەوە. تاڵەبانیش هەمان هەڵوێستی دەربڕی. لە ڕەوتی گفتوگۆکاندا بڕیاری پاکتاوی جەستەیی کرایە پاکتاوی سیاسی و کۆبونەوەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە سەرکردە دەستگیرکراوەکان تا ماوەیەکی نادیاریکراو بە دەستبەسەری بهێڵدرێنەوە.

هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی کاریگەریی یەکلاکەرەوەی لەسەر گۆڕینی بڕیارەکەی پلینۆم هەبوو. لە ئەنجامدا پلینۆم بڕیاری پاکتاوکردنەکەی لە پاکتاوی جەستەییەوە کردە پاکتاوی سیاسی و سەرکردە ناڕازییەکانی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ بە دەستبەسەرکراوی هێشتەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*ئالای شۆڕش (ڕێکخراو).

*کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

## پلینۆمی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

پلینۆمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە لە ماوەی نێوان ١١ ـ ١٤ی ئەیلولی ١٩٨٥ لە کانی زێوکەی گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی بەستراوە. ئەم پلینۆمە زۆرتر بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕێکخراوەیی یەکێتیی شۆڕشگێڕان و پڕکردنەوەی شوێنی بەتاڵی چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی بەسترا.

لە بواری ڕێکخراوەییدا پلینۆم مەکتەبی ناوەندیی ڕێکخستنی هەڵوەشاندنەوەو دەسەڵاتەکانی بە مەکتەبی ڕێکخستنی سنوری مەڵبەندی ١ و ٢ و مەکتەبی ڕێکخستنی سنوری مەڵبەندی ٣ و ٤ بەخشی. هەروەها جگە لەکۆمیتەی لقەکانی ٥ و ٦ هەموو کۆمیتەی لقەکانی تری هەڵوەشاندەوەو دەسەڵاتی کۆمیتەی لقە هەڵوەشاوەکانی بە هەردوو مەکتەبی ڕێکخستن بەخشی.

لە مەسەلەی شوێنە بەتاڵەکانی سەرکردایەتیدا، یەکێتیی شۆڕشگێڕان کێشەیەکی گەورەی هەبوو چونکە سێ ئەندامی سەرکردایەتی کە بریتی بون لە خدر مەعسوم و دکتۆر پێشەوا تاڵەبانیو عومەر عەزیز قادر و سەربەست بامەڕنی وازیان لە پۆستی ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕان هێنابوو و چوو بوون بۆ هەندەران، دکتۆر عومەر شێخموسیش کە لە هەندەران دەژیا وازی لەپۆستی ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕان هێنابوو و لەئەنجامدا تەنها دکتۆر فوئاد مەعسوم و نازم عومەر لەسەرکردایەتی مابونەوە. واتە یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەحەوت ئەندامی سەرکردایەتی، پێنج ئەندامی سەرکردایەتیی دەستیان لەکار کێشابۆوە.

بۆیە لە پلینۆمدا هەر سێ ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی، شێخ عەلی محەمەد ساڵح و شێخ محەمەد مەحمود سەرگەڵوییو شێخ عەبدولکەریم حاجی، پلەیان بەرز کرایەوەو بونە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. هەروەها پلینۆم ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی لە ٧ ئەندامەوە کردە ٨ ئەندام و پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ پڕکردنەوەی سێ شوێنە بەتاڵەکە، شەوکەت حاجی موشیر و عەبدوڵڵا عومەرو دارا حەفید دەنگی پێویستیان هێناو بونە ئەندامی سەرکردایەتی.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

# پلینۆمی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پلینۆمی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧ لە ناوچەی برادۆست. بەستنی ئەم پلینۆمە پەیوەندیی بە رووداوێکی گرنگی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەیە، ئەویش بەستنی یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتییە پاش دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە دوو ساڵ و دوو مانگ و پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بە ساڵێك و دوو مانگ. لە راستیدا دەشێ ئەم پلینۆمە بە پلینۆمێکی «دامەزرێنەر» بژمێردرێ، چونکە پەیکەری رێکخراوەیی، سیاسی و پێشمەرگەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێیدا رێکخرا و هەروەها تێیدا گرنگترین دامەزراوە لە ستراکچەری رێکخراوەیی یەکێتیی نیشتمانی کە کۆمیتەی سەرکردایەتییە هاتە ئاراوە و لەوەوە دەستەی جێبەجێکار، ناسراو بە مەکتەبی سیاسی، سەری هەڵدا.

لەم پلینۆمەدا دەستەی دامەزرێنەر وەك سەرکردایەتیی دیفاکتۆ هەڵوەشایەوە و کۆمیتەی سەرکردایەتی جێی گرتەوە. هەروەها بنەمایەك بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان سێ باڵەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر یەك لە هێڵی گشتی، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، دانرا. لەم سەروبەندەشدا تاڵەبانی بە سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا.

سەرەڕای بایەخی مێژوویی پلینۆمی ساڵی ١٩٧٧ ی برادۆست، تێبینی ئەوە دەکرێ کە دەستەواژەی «پلینۆم» بۆ ناساندنی بەکار نەهێنراوە. هۆکەش بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێتەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە تا ئەو کاتە دەستەواژەی «پلینۆم» لەسەر ئاستێکی فراوان نەناسرا بوو. دووەمیان ئەوەیە کە تا ئەو کاتە ئاستە رێکخراوەییەکانی کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی دیاری نەکرا بون، بەتایبەتی کە هەر لەو پلینۆمەدا بڕیار لەسەر پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتی وەك «سەرکردایەتیی بەرپرس و رێپێدراو» دراوەو وا دانراوە کە ئەم کۆمیتەیە وەك «کۆمیتەیەکی سەرکردایەتیی یەکگرتوو» کار دەکا.

پلینۆمەکە ١٣ رۆژی خایاندووە، لە ٣١ی ئاب دەستی پێ کردووە و لە ١٢ی ئەیلول کۆتایی هاتووە. پلینۆمەکە دیکۆمێنتێکی گرنگی دەرکرد، ئەویش بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەکانە. دیکۆمێنتەکە پلینۆمەکەی بە «خولی یەکەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی» ناساندووە. ئەمەش بەم مانایە دێت کە سەرکردایەتی هیچ پلەیەکی جیاوازی بۆ کۆبونەوەکانی برادۆست و خولەکانی پاشتری کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی دانەناوەو لەو کۆبونەوانەدا بە ئەرکی خۆی زانیوە کە کار بۆ رێکخستنی ستراکچەری رێکخراوەیی-پێشمەرگەیی یەکێتی بکات.

لە قۆناغەکانی دواتردا، کاتێك دەست بە دیاریکردنی وێستگە سەرەکییەکانی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرا، کۆبونەوەکانی برادۆست بە وێستگەیەکی سەرەکی ژمێردران و ئاستی پلینۆمیان پێ دراو لە ریزبەندیی پلینۆمەکاندا بە پلینۆمی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانران.

بابەتی پەیوەندیدار:

*برادۆست (کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی).

## پۆل

یەکەیەکی ڕێکخستنە لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کاری پێ کراوەو لە چەند شانەیەکی سەرەکی پێکهاتووە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی سێیەم کۆنفرەنسی کۆمەڵە. لە ساڵی ١٩٨٤، پۆل «ئەرکی بەیەکەوە بەستنی چەند شانەیەکی سەرەکی و ئاڕاستەکردنیانی لە ئەستۆدایە». پەیڕەوەکە وای داناوە کە پۆل لە ٣-٥ لێپرساوی شانە سەرەکییەکان پێکدێ و لە لێپرساوانی پۆلەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو یەکەیەکی گەورەتر پێکدێ کە پێی دەوترێ کەرت.

پۆل وەك یەکەیەکی ڕێکخستن گوێزرایەوە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەدرێژایی ماوەی نێوان ١٩٩٢-٢٠١٠ وەك یەکێ لەیەکە کارپێکراوەکانی پەیکەری ڕێکخستن مایەوە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی دووەمین کۆنگرەی یەکێتی لە ساڵی ٢٠٠١، پۆل پاش شانە دێ و لە چەند پۆلێك کەرت پێکدێ. بەپێی پەیڕەوەکە پۆل سەرپەرشتیی شانەکانی سنوری چالاکیی خۆی دەکاو ئەنجومەنەکەی لە لێپرساو و ڕێکخەری شانەکان پێکدێ و ئەرکەکەی بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی شانەکانە. پەیڕەوەکە وای داناوە کە ژمارەی ئەندامانی هەر پۆلێك لە ناو شار ٧٥ ئەندام دەبێ و لە لادێ ٥٠ ئەندام. بەپێی ئەو دەسەڵاتانەش کە پێی دراون، دەسەڵاتی وەرگرتنی ئەندامی نوێ و پێکهێنانی شانەی نوێی بەڕاویژ لەگەڵ کەرتی ڕێکخستندا هەیە.

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە ساڵی ٢٠١٠، پەیکەری ڕێکخستن یەکەی پۆلی لێ لابراو ئەرك و دەسەڵاتەکانی درانە کەرت و بازنەکان.

## پەخشان جەلال حەفید



کادیری دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. پاش کەرتبونی پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانیی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کردو ڕۆڵێکی بەرچاوی لەڕێکخستنی خوێندکاراندا گێڕا.

ساڵی ١٩٦٩ لە بەشی زمانو وێژەی کوردیی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیرا. ساڵی 1971 پاش یەك ساڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، پەیوەندیی پێوە کرد. ساڵی ١٩٧٣ خوێندنی زانکۆی تەواو کردو لە هەڵەبجە بە مامۆستا دامەزراو لە ساڵی ١٩٧٨ گوێزرایەوە بۆ سلێمانی.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە. ماوەیەك لە ڕێکخستنی ئەرشیفی بارەگای تاڵەبانی کاری کرد و هەر ئەو ساڵە گوێزرایەوە بۆ بارەگای ڕاگەیاندن لە توژەڵە.

ساڵی ١٩٨١ بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد. بە درێژایی ماوەی نێوان ١٩٨٠-١٩٨٨ لە دەزگای ڕاگەیاندن و لە هەندێ قۆناغدا لە بواری ڕێکخستندا کاری کردووە.

ساڵی ١٩٨٩ بەشدار بوو لەو زنجیرە کۆبونەوەیەی کە لە شاری سەقز بۆ تاوتوێ کردنی پێداویستییەکانی دامەزراندنی یەکێتیی ژنانی کوردستان بەستران، کاتێك

دەستەیەکی بەڕێوەبەر لە یانزە ژن بۆ ڕێکخراوەکە پێك هات، ئەو یەکێ لە ئەندامەکانی بوو.

ساڵی ١٩٩٣ گەڕایەوە سەر پیشەی مامۆستایی. لە ساڵی ١٩٩٤دا، دوا بەدوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، بەشدارییەکی کارای لە کۆمەڵەی ئاشتیدا کرد کەئامانجەکەی راگرتنی شەڕەکە بوو.ساڵی ١٩٩٥ وەك بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە دەستبەکار بوو. لە ساڵی ٢٠٠١دا لێپرسراوەتیی بەڕێوەبەری گشتیی کارو دابین کردنی کۆمەڵایەتیی پێ سپێردرا لە ساڵی ٢٠٠٣دا وەك بریکاری وەزیر لە وەزارەتی مافی مرۆڤ کاری کرد. ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠٠٩ کرایە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند، لە ساڵی ٢٠١٠دا لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی خولی دووەمی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* یەکێتیی ژنانی کوردستان.

## پەروین بابەکر حەمە ئاغا



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی پشدەر. هەر سێ قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٧ کاتێك خوێندکاری ئامادەیی بوو، رۆڵێکی دیاری لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی خوێندکارانی سلێمانی لە دژی بڕیاری گۆڕینی زمانی خوێندن لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، گێڕا. بە هۆی فشاری ئەم خۆپیشاندانانەوە، بڕیارەکە هەڵوەشێنرایەوە.

ساڵی ١٩٧٩ لە بەشی کیمیای کۆلیجی زانست لە زانکۆی سلێمانی وەرگیراو پاش داخستنی زانکۆی سلێمانی، گوێزرایەوە بۆ زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر. لەوێ، ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی لە خۆپیشاندانەکانی زانکۆی سەلاحەددیندا کردو لەیەکێ لە هێرشەکانی پیاوانی ئەمن بۆ سەر خۆپیشاندەران بریندار کرا.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی لە ناو ڕێکخستن.

ساڵی ١٩٩٤ کرایە بەڕێوەبەری دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵی هەردوو کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو تاسلوجە. ساڵی ١٩٩٨ کرایە بەڕێوەبەری کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارو هەر لەو ساڵەدا بەهۆی پەرەپێدانی بەرهەمی کارگەکەوە توانرا بەشێکی زۆری موچەی کارمەندەکانی ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێم دابین بکرێت. ساڵی ٢٠٠٣ کرایە وەزیری پیشەسازیو وزەی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمو پاش ساڵێك بەرنامەی تایبەتکردنی پرۆژەکانی سەر بەم وەزارەتەی جێبەجێ کردو لە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەوە دەستی پێکرد.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦وە لەگەڵ گروپی کۆمپانیاکانی نۆکان دەست بەکار بوو و لەم رووەوە بەشدار بوو لەو هەوڵانەی کە دانانی دوو پاڵاوتگەی نەوتی بازیانو پیرەمەگرونو دوو کارگەی چیمەنتۆی بازیان و گەرمیان و کارگەی تواندنەوەی ئاسنیان لێ کەوتەوە.

بەشداریی چەندان کۆنفرەنس و کۆڕ و کۆبونەوەی تایبەت بەئابوریو بزنسو ژنانی کردووە لەوانە مێزگردی ژنان بۆ ئابوریو کۆمەڵایەتی لە فەرەنسا، مونتەدای

نەتەوەیی ژنانی عەرەب لە لەندەن، کۆنفرەنسی وومەن بزنس لە بریتانیا، پرۆژەی کۆشکی سپی بۆ ژنانی سەرکردە، کۆڕبەندی ئابوریی پرۆژەی بچوك و مامناوەنج لە کۆماری چین.

ساڵی ٢٠٠٧ دووەمین بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە بەشی ئینگلیزیی کۆلیجی زمانی زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠١٠ لە سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٢ بووە سەرۆکی بۆردی گروپی کۆمپانیاکانی نۆکان.

لە ٩ی ئازاری ٢٠١٩ دا لە بەیروت بە ئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاوی بەرپرس و باڵیۆزو دپلۆماتکارانی وڵاتانی عەرەب، لەگەڵ چەند ژنێکی تری سەرکردەو سەرکەوتوو لە بواری سێکتەری بزنس لە ناوچەکەدا، لە لایەن « ئەنجومەنی عەرەبیی پەرەپێدان بۆ ژن و بزنس» خەڵاتی ژنانی سەرکردەی پێ درا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی راپەڕین، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## پەروین کاکە حەمە سەعید محەمەد



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی شارۆچکەی قەرەداغ لە پارێزگای سلێمانی. ساڵی ١٩٧٧ قۆناغی ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردو ساڵی ١٩٧٩ لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافی سلێمانی وەك تایپیست دامەزرا. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤ لە کەرتی شەهید جەمال تایەر چالاکیی نواندو پاشان گوێزرایەوە بۆ کەرتی لەیلا قاسم.

ساڵی ١٩٨٥ ئامادەیی پیشەسازیی لە سلێمانی تەواو کردو وازی لە کارمەندییەکەی لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقاف هێنا تاکو بتوانێ لە زانکۆ بخوێنێ. هەر ئەو ساڵە لە زانکۆی تەکنەلۆژی لە بەغدا وەرگیراو ساڵی ١٩٨٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا.

ساڵی ١٩٩١ بووە لێپرسراوی کەرتی ژنان لە کۆمیتەی ٢ی مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو بە ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە هەڵبژێردرا.

هەر لەو ساڵەدا سەرپەرشتیی پێکهێنانی مەفرەزەی پێشمەرگەی ژنانی سەر بە لەشکری یەکی یەکێتی کرد لە خاڵەکانی پشکنین.

سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ بووە کارگێڕی کۆمیتەی ژنان لە مەڵبەند و لە کۆتایی هەمان ساڵدا بووە کارگێڕی کۆمیتەی ٣ی کاسبکاران. ساڵی ١٩٩٤ بووە ئەندامی مەڵبەند لە بەشی یاساو مافی مرۆڤ. هەر ئەو ساڵە وەك ئەندازیار لەکارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دامەزرا.

ساڵی ١٩٩٥ بەکارگێڕی مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی هەڵبژێردراو ئەرکی لێپرسراوەتیی رێکخراوە دیموکراتییەکانی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٧ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە پێ سپێردراو بۆ ساڵی

دواتر، سەرەڕای کارەکەی وەك بەڕێوەبەری گشتی، ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای رۆشنیشی گرتە ئەستۆ. لەم دوو ساڵەدا لێپرسراوی رێکخستنەکانی وەزارەتــی پیشەسازیی و وزە بــوو لـە کۆمیتەی وەزارەتەکان.

ساڵی ١٩٩٩ بووە بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتــی کشتوکاڵ و بۆ ساڵی پاشتر کرایە بەڕێـوەبـەری گشتیی نـەخشـەدانـانی ئـاوەدانـی لـە وەزارەتــی شـارەوانـی. ساڵی ٢٠٠١ سـەرەڕای کارەکەی خۆی، سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار بوو بە وەکالەت. ساڵی ٢٠٠٢ ئەندامی دەستەی سەرپەرشتی و بـەدواداچـوونـی پـرۆژەکـان بـوو کە دەستەیەکی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بوو.

ساڵی ٢٠٠٣ وەك ئەندامی لیژنەی ئامادەکار، بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی ژن و بەشداریی سیاسی لە سلێمانی و هەروەها ئەندامی هەمان کۆنفرەنس بوو لە شاری بەسرە. ساڵی ٢٠٠٦، پاش یەکخستنەوەی هـەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێری حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان، وەك بـەڕێـوەبـەری گشتیی پرۆژەکان لە وەزارەتی شارەوانی لە هەولێر دەستبەکار بوو.

لە مـاوەی کارکردنی لە حکومەتدا بەشداریی چەند خولێکی کردووە لە هەولێر بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، لە سلێمانی بۆ فێربوونی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، لە کۆریای باشوور بۆ شارەزابوون لە بواری ستراتیجی پێشکەوتنی ئابووریی، لە ئوردون سەبارەت بە کاروباری مافی مرۆڤ.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو ساڵی ٢٠١١ بووە لێپرسراوی لیژنەی بەدواداچوونی راپـۆرتـەکـانی کـۆنـگـرەی سێـیـەم. سـاڵـی ٢٠١٢ لێپرسراوەتیی بانکی زانیاریی یەکێتیی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## پەروینێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی شەهید غەفور دەرەشیشیی سەر بە هەرێمی ١ی هەورامان و هێزێکی گـەورەی سوپای عیراق کە لە١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەری جەنگی هێرشی کردۆتە سەر ناوچەی هەورامان. لە سەرەتای هێرشەکەدا هێزەکانی عیراق بـەرزاییـەکـانی دەرەتــوێ، دۆڵ هەنجیرو پشتی گەچێنەی زنجیرەی چیای پەروینێیان کۆنترۆڵ کرد.

بەشێکی پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی شەهید غەفور دەرەشیشی بەرپەرچی هێزەکەی سوپایان دایـەوەو بەشەڕ هاتن لەگەڵیدا. لەم سەروبەندەداو لەگەڵ دەستپێکردنی پێکدادانەکەدا، مەفرەزەیەك بـە فـەرمـانـدەیـی ئــازاد هــەورامــی بـە فـریـای پێشمەرگەکانەوە چوو، هێزێکی تریش کە فەرماندە دیارەکانی پشکۆ نەجمەددینو حەمەی حەمە سەعید بون چوە پاڵیان و لەم سۆنگەیەوە بەرەی پێشمەرگە پتەویی بەخۆیەوە بینی. هەلیکۆپتەرە جەنگییەکان بەدرێژایی رۆژ سەنگەری پێشمەرگەو ناوچەی شەڕەکەیان بۆردومان دەکرد. شەڕ تا سەعات ١٧ درێــژەی کێشا. هێزەکانی عیراق ئامانجەکانیان بەدەست نەهێناو زیانێکی زۆریان پێ گەیشت. لە هێزی پێشمەرگە تەنها یەك پێشمەرگە بریندار بوو.

نـاوی هەندێ لـەو پێشمەرگانەی لـەم شـەڕەدا بەشدار بـون: حسێن کەریم قـادر، حەمە هـاواری، فەیسەل مەلا عەلی ناسراو بە کاکە شێخ، کەریم

حەمەی مەلا سابیر، لەتیف حەمەی مەلا سابیر، عومەر مەجید ناسراو بە پشتیوان، ئیبراهیم مەجید ناسراو بەوەستا ئیبراهیم، ئەفراسیاب هاواری، بەهمەن ولدخان، رزگار عەزیز، نەجمەددین مامە نەبە.

بە هۆی زۆریی زیانی دوژمنەوە، رۆژی دواتر هەلیکۆپتەرە جەنگییەکان بەسەر ناوچەکەدا سوڕانەوەو بۆ ماوەیەکی زۆر ناوچەکەیان بۆردومان کرد.

## پەلکانە (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیانی سەر بە بە ڕەتڵی پارتیزانەکانی دەشتی گەرمیانە لەسەر ڕێگای دوزخورماتوو- بەغدا. لە١٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان، لە چوارچێوەی هەڵسوڕانی هێزە پارتیزانەکاندا، هەڵیان کوتایە سەر رەبیەی پەلکانە کە لەسەر ڕێگای دوزخورماتوو- بەغدا ئەرکی پاراستنی بارەگای فەوجی دوزخورماتوی سوپای عیراقی پێ سپێردرابوو. پێشمەرگەکان بۆ ماوەی دوو سەعات بە کلاشنکۆف و ئارپیجی رەبیەکەیان کوتا. هێرشەکە بووە مایەی گرتێبەربونی بەشێکی رەبیەکە. زیانی ناو رەبیەکە نەزانراوە.

ئەم چالاکییە بەوەی کە لەسەر ڕێگای ستراتیجیی کەرکوک- بەغدا ئەنجام دراوە، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. میدیاکانی یەکێتی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و رۆژنامەی کوردی زوبانی «ڕێبازی نوێ»و رۆژنامەی عەرەبی زوبانی «شەرارە» بایەخێکی شایستەیان پێ داوە. رۆژنامەی «ڕێبازی نوێ» لەو ژمارەیەی کە هەواڵەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەواڵی چالاکییەکەی کردۆتە مانشێت و بە شێوەی «هێزی پێشمەرگە لە نزیك جادەی بەغدا لە دوژمن رادەپەڕێ» سەرنجی بەلادا راکێشاوەو لە ناواخنیشدا لە لاپەڕە ١٨دا لە ژێر ناونیشانی «هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر جادەی دوز- بەغدا زەبر لە دوژمن دەدات» هەواڵی چالاکییەکەو چەند چالاکییەکی تری بڵاوکردۆتەوە.

## پەیامی مرۆڤایەتی (بڵاوکراوە)




بڵاوکراوەیەکە مەکتەبی مافی مرۆڤی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵیادی جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤ دوو ژمارەی لێ دەرکردووە، یەکێکیان لە ١٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ بە بۆنەی پەنجاو سێیەمین ساڵڕۆژی جاڕنامەکەوەو ئەوی دیکە لە١٠ی کانونی یەکەمی

ساڵی ٢٠٠٥ بەبۆنەی پەنجاو حەوتەمین ساڵڕۆژی جارنامەکەوە.


یەکەم ژمارە لە٤ی لاپەڕە پێکدێ‌و لاپەڕە ١و ٢ی ڕەنگاورەنگن. لەم ژمارەیەدا بەندەکانی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ بڵاوکراونەتەوەو سەروتاری ژمارەکەو چەند بابەتێك بۆ ساڵیادەکە تەرخان کراون، سەرباری بڵاوکردنەوەی هەندێ هەواڵ‌و بەدواداچون.

دووەم ژمارە لە ٨ لاپەڕە پێکدێ‌و کاغەزەکەی کاغەزی رۆژنامەیەو لاپەڕەکان رەنگاوڕەنگ نین. بابەتەکانی ئەم ژمارەیە زۆرتری وتاری دورو درێژن و بۆ مافی خوێندنی منداڵ، دەستوری عیراق، بەجیهانیبونی مافی مرۆڤ، تیۆریی مافی مرۆڤ، رێککەوتننامەی مافە سیاسییەکانی ژنانو یاسای نێودەوڵەتیی پاراستنی ژینگە تەرخان کراون. ئەم ژمارەیە بەختیار مەلا عیززەت سەپەرشتیی کردووە.

هەردوو ژمارە سەروتارەکانیان بۆ باسکردنی ساڵیادەکە تەرخان کراونو هەردوکیان بایەخێکی شایستەیان بە ساڵیادەکە داوە. چەند نوسەرێك بابەتیان لەهەردوو ژمارەدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە سەمەد زەنگنە، ئازاد حاجی رۆستەم کاریتانی، چێنەر عەلی جۆلا، جەمال عەبدول، تەها عومەر رەشید، سالار مەحمود، پەرژین ساڵح ئەحمەد، جەمیلە مەحمود کەریم، جەبار شێخە، یوسف عومەر رەشیدو پێشڕەو ئەحمەد.

## پەیامی مرۆڤایەتی (گۆڤار)

گۆڤارێکە مەکتەبی مافی مرۆڤی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە. هەژدە ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لە ئایاری ١٩٩٨دا دەرچووەو ژمارە ١٨ کە دوایین ژمارەیە ساڵی ٢٠١٠




دەرچووە.

ئەم گۆڤارە لە سەرەتادا بە شێوەی بڵاوکراوە دەرچووە. لەم رووەوە پێنج ژمارەی بەرایی بە شێوەی بڵاوکراوەیەکی مانگانە دەرچوون و لە ژمارەی شەشەمەوە بڵاوکراوەکە شێوەی گۆڤارێکی وەرزیی وەرگرتووە.

پێنج ژمارەی بەرایی کە بە شێوەی بڵاوکراوە دەرچون، بەتیراژی ٢٠٠ دانە لە چاپخانە بێسارانی لە شاری سلێمانی چاپ کراون و ژمارەی لاپەرەیان لە نێوان ١٦-٤٠ لاپەڕە دایەو قەوارەیان فولسکابە. لەم خولەدا بڵاوکراوەکە ناوی خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەرو بەڕێوەبەری نوسین و ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە.

لەم خولەدا کۆمەڵێك نوسەر بابەتیان بە نوسین و وەرگێڕان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە مەحمود خدر

حسێن ناسراو بەگۆران، مەهدی ئەبوبەکر، سەمەد جەبار مەعروف، جەمیلە مەحمود، محەمەد حەمە ساڵح، عەبدولڕەحمان قادر غەفور ناسراو بە شێخ عەبدول، زاهیر شوکر، شوان عوسمان مستەفا، درەخشان مەحمود خدر، دکتۆر دڵشاد عەبدولرەحمان و کەژاڵ عەلی.

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە لە ژمارەی شەشەمەوە مەحمود خدر حسێنە بەڵام لە ژمارە ٩دا سەعدون یەدوڵلا شەفی بۆتە خاوەنی ئیمتیازو لە ژمارە ١١ بەدواوە کە لەتەموزی ساڵی ٢٠٠١ دەرچووە مەکتەبی مافی مرۆڤ بۆتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە.

لە ژمارەی شەشەمەوە بڵاوکراوەکە بۆتە گۆڤارێکی وەرزیو یەکەم ژمارە لە کانونی یەکەمی ١٩٩٨ دەرچووە. لە ژمارەکانی ٦-١١ قەبارەی گەورەیە و لە ژمارەکانی ١٢-١٨ بە قەبارەی ٢٢×١٧,٥ سم دەرچووە. لە ژمارەکانی ٦-٩ گۆڤارەکە بە تیراژی ٣٥٠ دانە چاپ کراوەو لە ژمارەکانی ١٠-١٨بە تیراژی ٥٠٠ دانە.

گۆڤارەکە سێ سەرنوسەری بە خۆیەوە دیوە. لەخولی یەکەمدا کە لە پێنج ژمارە پێکدێ و بە شێوەی بڵاوکراوە دەرچووە، ناوی سەرنوسەری لەسەر نیە بەڵام بەکردەوە دکتۆر نەبەز مەجید ئەمین سەرپەرشتیی دەرکردنی کردووەو رۆڵی سەرنوسەری تێدا گێڕاوە. لە ژمارە ٦دا ناوی سەرنوسەر لەسەر گۆڤارەکە نوسراوە کە دکتۆر نەبەز مەجید ئەمینە. بەم پێیە دکتۆر نەبەز مەجید ئەمین لە ژمارەی یەکەوە تا ژمارە ٥ رۆڵی سەرنوسەری گێڕاوە بەبێ ئەوەی ناوی لەسەر گۆڤارەکە بێو لە ژمارەی شەشەمەوە کە لە کانونی یەکەمی ١٩٩٨ دەرچووە تا ژمارە ١١ کە لەتەموزی ٢٠٠١ دەرچووە، وەك سەرنوسەر ناوی لەسەر گۆڤارەکەیە. لە ژمارە ١٢وە تا ژمارە ١٦ سەمەد جەبار مەعروف زەنگنە بۆتە سەرنوسەر. لە ماوەی ٢٠٠٩-٢٠١٠دا کە تێیدا تەنها دوو ژمارە دەرچووە، جەمیلە مەحمود سەرنوسەری گۆڤارەکەیە.

لە ژمارە ٧دا عەبدولرەحمان قادر غەفور بۆتە جێگری سەرنوسەرو تا ژمارە ١١ بەردەوام بووە لەسەر ئەم ئەرکە. لە ژمارەکانی نێوان ١٢-١٦ پۆستی جێگری سەرنوسەر نەماوە. بەڵام لە ژمارە ١٧و١٨دا پۆستەکە گەڕاوەتەوەو کەمال سەرگەڵویی بۆتە جێگری سەرنوسەر.

لە ژمارەکانی نێوان ٧-١٦ چێنەر عەلی جۆڵا بەڕێوەبەری نوسینە. لە ژمارە ١٧و ١٨دا پۆستی بەڕێوەبەری نوسین نەماوە.

لە ژمارەکانی ٦-١٨دا کە بە شێوەی گۆڤار دەرچون، کۆمەڵێك نوسەر بابەتیان بڵاو کردۆتەوە لەوانە زاهیر شوکر، ستران عەبدوڵڵا، چێنەر عەلی جۆڵا، گۆران ئەدهەم، ئەبوبەکر خۆشناو، جەبار شێخە، کامل ژیر، هەندرێن عوسمان، سۆران قەرەداغی، ئاواز یاسین، شوان عوسمان، کەمال رەزا، لەتیف فاتیح فەرەج، دالیا فەهمی، دکتۆر مارف عومەر گوڵ، جەوهەر مەنتك، ئازاد کاریتانی، فەلاح کەریم، عوسمان شێخ خالد، نەوزاد عوسمان، بەختیار مەلا عیززەت، دکتۆر ئازاد شێخانی، مژدە مەحمود خەفاف، یوسف عومەر، رۆزە مەحمود.

پەیامی گۆڤارەکە بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافی مرۆڤ بووەو لەم روەوە بایەخێکی تایبەتی بە بڵاوکردنەوەی دیکۆمێنتە جیهانییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ داوە، سەرباری بڵاوکردنەوەی چەندین لێکۆڵینەوە دەربارەی کاروباری مافی مرۆڤ و بەدواداچونی رەوشی مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندا. لە دوایین ژمارەشدا بایەخێکی تایبەتی بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی داوەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پەیوەستێك لە نێوان ژینگەو مافی مرۆڤدا بدۆزێتەوەو بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە ژیان

لە ژینگەیەکی پاکدا بەشێکی مافەکانی مرۆڤ پێکدێنێ.

## پەیامی نوێ (ڕۆژنامە)


لەیادی «٣٠» ساڵەی شۆڕشی ئەیلول دا

پەیامی نوێ

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە

مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی ی.ن.ک دەری دەکات

هەواڵ

٨ لاپەڕە الرسالة الجديدة ٥٠٠ فلس یەک شەممە ٦/١٠/١٩٩١ ژمارە (١) خولی یەکەم تشرینی یەکەم

مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یادی «٣٠» ساڵەی شۆڕشی ئەیلول دەکاتەوە

هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وتارێکی مێژووی ئاراستەی جەماوەری شاری سلێمانی دەکات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، ساڵی ١٩٩١ مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی دەری کردووە. سێ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە یەك لە٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووە، ژمارە دوو لە یەکی تشرینی دووەمی ١٩٩١و ژمارە سێ لە کانونی یەکەمی ١٩٩١.

ڕۆژنامەکە بایەخێکی تایبەتی بە ڕوماڵ کردنی ڕەوشی کوردستان داوە لە قۆناغی ئاگربڕو وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانیو ڕژێمی عیراقداو لەم ڕووەوە گوتارێکی سیاسیی نیشتمانپەروەرانەی بە ئاراستەی پاراستنی یەکڕیزیی نیشتمانیو هاوکاری پەیڕەو کردووە. بۆ ئەو قۆناغە ڕۆژنامەکە بە دیکۆمێنتێکی گرنگ دەژمێردرێ. ڕۆژنامەکە بایەخی بە چەند بابەتێکی سەرەکی داوە لەوانە کاروباری ئاوەدان کردنەوە، خۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، ڕێکخراوە پیشەییەکان و کاروباری ڕێکخستن.

ڕۆژنامەکە زۆر لە ژێر کاریگەریی مۆدێلی ڕۆژنامەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بووە، بۆیە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیەو زۆربەی بابەتەکانی بەبێ ناو یان بە ناوی تاك بڵاوکراونەتەوە. ئەوانەی کاریان تێدا کردووەو ڕۆڵی دەستەی نوسەرانیان گێڕاوە ئەمانەن: تەحسین قادر، خالید ڕەزا ئەمین، ئاسۆ شێخ نوری، لەتیف عومەر مستەفا، کاوان فەرەج عەلیو حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد.

بابەتەکانی هەر ژمارەیەك لە قەڵاچوالان ئامادە کراون چونکە لەو کاتەدا بارەگای مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی لە قەڵاچوالان بووە. بابەتەکان لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر تایپ دەکران، دواتر عەبدولقادر عەلی مەردان دیزاینی دەکردن و ڕۆژنامەکە هەر لەو چاپخانەیە چاپ دەکرا. حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد سەرباری ئەوەی کە ئەندامی دەستەی نوسەران بووە، سەرپەرشتیاری چاپیش بووە. هەر ژمارەیەك پێنج هەزار دانەی لێ چاپ کراوە.

ڕۆژنامەکە بە قەوارەی ٣٣,٥ بە ٤٥ سم دەرچووە. ژمارەی لاپەڕەکانی کەوتۆتە نێوان ٨-١٠ لاپەڕە. ژمارەی یەکەم و سێیەم ٨ لاپەڕەن و ژمارەی دووەم ١٠ لاپەڕەیە. ژمارەی سێیەم پاشکۆیەکی دوو لاپەڕەیی لەگەڵدایە کە تایبەتە بەڕوماڵ کردنی دەنگوباسی ئەو مانگرتنەی کە لە٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩١ لە لایەن ١٣ لاوی سلێمانییەوە ڕاگەیەنراو تێیدا مانگرتووەکان یاداشتێکی حەوت خاڵییان دایە نوێنەرانی ڕێکخراوی

نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری سلێمانی و داوایان کرد کورد لە دەستدرێژییەکانی رژێمی عیراق بپارێزرێ. مانگرتنەکە ٢٤١ سەعات درێژەی کێشاو لە١٤ی کانونی یەکەم کۆتایی پێ هێنرا.

بە شێوەیەکی گشتی، دیزاینی رۆژنامەکە پێشکەوتووەو تەکنیکی تازەی تێدا بەکار هاتووە. وێنەی بە باشی تێدا بەکار هێنراوە. هەروەها لە سێ ژمارەکەدا سێ چاوپێکەوتن بڵاوکراونەتەوە. یەکەمیان لەگەڵ جەبار فەرمانی فەرماندەی لەشکری یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە تێیدا باسی هەندێ کاروباری پێشمەرگانەی کردووە. ئەوی تر چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکی رەشیدی سلێمانیدا سەبارەت بە کاروباری دارایی. سێیەمیان چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ هاوولاتییەك سەبارەت بە ئەزمونی دەستگیرکردنی لە لایەن هێزەکانی عیراقەوە لە کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوی دووەمی ئەنفال لە ناوچەی قەرەداغ.

پاش دەرچونی ژمارە سێ، لەو سۆنگەیەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە بە ناوی «کوردستانی نوێ» ئامادە دەکرد، بڕیار درا رۆژنامەکە رابگیرێ‌و هەموو هەوڵ‌و وزەکان بۆ رۆژنامە تازەکە تەرخان بکرێن.

## پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان




پەیڕەوێکە شاسوار جەلال (ئارام) لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا بە ناوی لیژنەی سەرکردایەتیی دەستە چەکدارەکانەوە بۆ رێکخستنی کاروباری هێزی پێشمەرگە دەری کردووە، لە شەش تەوەر پێکهاتبوو کە بریتی بوون لە شێوەی پێکهێنانی دەستە چەکدارەکان، رێکخستنی پەیوەندیی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان، رێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەستە چەکدارەکان و جەماوەر، کاری سیاسیی دەستە چەکدارەکان لە ناو جەماوەردا، وەرگرتنی ئەندامی تازە لە ریزی دەستە چەکدارەکاندا.

### پاشکۆ
### دەقی پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان

یەکەم: دەستە چەکدارەکان چۆن پێك دێن

هەر دەستەیەك لە٨-١٢ کەسی چەکدار دروست ئەبێ. هەموو دەستەیەك پێك دێ لە:

أ- لێپرسراوی عەسکەری یان ئامر مەفرەزە.

ب- رابەری سیاسی.

ج- جێگری لێپرسراوی عەسکەری کە لە لایەن لێپرسراوی عەسکەری‌و رابەری سیاسییەوە دەست نیشان ئەکرێت وە لە کاتی غیابی لێپرسراوی عەسکەریدا لێپرسراو ئەبێت.

د- پێشمەرگەکانی دەستەکە.

دووەم: پەیوەندی ناوخۆی دەستە

أ- پەیوەندی نێوان لێپرسراوی عەسکەری‌و رابەری سیاسی.

لێپرسراوی عەسکەری لێپرسراوە بەرامبەر هەموو کاروبارێکی عەسکەری. بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنی سیاسی پشت گوێ ناخات و جوێ ناکرێتەوە لە ئیشە سیاسیەکان و ئەبێ بەشداری هەموو جموجۆڵێکی سیاسی‌و رێکخستن ببێت و لەم رووەوە یارمەتیدەری رابەری سیاسی بێت. رابەری سیاسیش لە کاتێکدا کە راستەوخۆ لێپرسراوە بەرامبەر کاروباری سیاسی‌و

ڕێکخستن لە ناو دەستەکەو لە ناو جەماهیردا لە هەمان کاتدا جیا نیە لەهەموو ئیشێکی عەسکەری دەستەکە، واتە رابەری سیاسی ئەبێتە یارمەتیدەری لێپرساوی عەسکەری لە کاروباری عەسکەری‌دا وە بەگشتی هەموو بڕیارێك و پیلانێکی ئیشکردن بە کاروباری عەسکەریشەوە لە لایەن هەردووکیانەوە ئامادە بکرێتو بڕیاری لەسەر بدرێت پاش لێکدانەوەو ئالوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ یەك بەگیانێکی هاوڕێیانەو دڵسۆزانەوە. بەڵام لە کاتی شەڕدا فەرمانی لێپرساوی عەسکەری جێبەجێ ئەکرێت.

ب- پەیوەندیی نێوان لێپرساوو پێشمەرگە

پێشمەرگەکان ئەبێ فەرمانەکانی لێپرساوی عەسکەری بێ چەندو چون جێبەجێ بکەن و گوێ رایەڵی هەموو فەرمانێکی تر بن کە لە لایەن لێپرساوی عەسکەری‌و رابەری سیاسی دەرئەچن. بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازی لە نێوان سەرکردەو پێشمەرگەدا نیە لەوەدا نەبێ کە سەرکردە ئەرکی لێپرساوێتی لەئەستۆیە لەبەر ئەوە نابێ سەرکردە خۆی لە پێشمەرگە جیا بکاتەوە لە خواردن و جلوبەرگ و هەموو شتێکی تری ناو دەستەکەدا. پەیوەندیەکانی نێوانیان ئەبێ لەسەر ئەساسی هاوڕێیانەو برایانە دابمەزرێت و هەموو گیانێکی عەشایریانەو بورجوازیانە لەهەر یەکێکدا بنەبڕ بکرێت. وە هەموو پێشمەرگەیەك بۆی هەیە سەربەستانە رای خۆی دەربڕێت.

هەموو یەکێك لە دەستەکەدا لە ڕێی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتنێکی راستەوە هەڵەو کەمو کوڕیەکانی خۆیان و هاوڕێکانیان چاك بکەن وە هەر یەکێك لەم ڕێبازانە دەربچێت وە یان سەرپێچی لە فەرمانەکانی سەرووتری خۆی بکات سزا ئەدرێت.

هەموو بڕیارێکی گرنگ بەتایبەتی پلان دانان بۆ شەڕ تەنها لێپرساوی عەسکەری‌و رابەری سیاسی یان لەگەڵ یەکێکی تری ناو دەستەکە ئاگادار بن بەڵام پێویستە کە نزیك ئەبنەوە لە شوێنی جێبەجێ کردنی عەمەلیەکە پێشمەرگەکان ئاگادار بکرێن و پلانەکەیان بۆ روون بکرێتەوە. پاش کردنی هەر عەمەلیەو ئیشێکی تر پێویستە موناقەشەی لەسەر بکەنو لایەنە باشو خراپەکانی دەست نیشان بکەن.

ج-کاری رۆشنبیریی ناو دەستەکە

یەکێك لەئەرکەکانی رابەری سیاسی دەستە لە دەستەکاندا بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری پێشمەرگەکانە لەبەر ئەوە ئەبێ رابەری سیاسی بایەخێکی زۆر بەم لایەنە بدات لە ڕێی خوێندنەوەو شی کردنەوەی تەوجیهاتەکانی ڕێکخستن بەو بۆنەوەو موناقەشاتی رۆژانە وە هەوڵ بدرێت هەموو یەکێکی نەخوێندەوار لەدەستەکەدا فێری خوێندەواری بکرێت.

سێیەم: پەیوەندیی نێوان دەستەو جەماهیر

ئەبێ هەموو پێشمەرگەیەك وا بیر کاتەوە کە ئەو چەکەی تەنها بۆ خزمەتکردنی جەماوەرو رزگارکردنیان لە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك کردۆتە شان. بەهۆی بیرکردنەوەی چەوتی ناو بزوتنەوەکەی پێشوو هەڵسوکەوتی زۆر سەرکردە و کادر و پێشمەرگەی ئەو بزوتنەوەیە کارێکی وای کردبوو کەتا رادەیەك خەڵکی لەوانە وەرس بوبونو بە چاوێکی خۆشەویستی ئەوتۆوە تەماشای ئەو سەرکردەو کادرو پێشمەرگەیان نەئەکرد بۆیە هەموو یەکێکی دەستەکانی ئێمە بەکردەوەی راست ئەوە لە مێشکی خەڵکیدا بسڕنەوە وە بۆ ئەمەش ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەبێ پەیڕەوی بکرێن:

١- پێشمەرگەی راستەقینە ئەبێ نمونەی رەوشتو خووی جوان بێتو بەپێی توانا یارمەتی خەڵکی (بەتایبەتی جوتیاران) بدات.

٢- هیچ ئەرکێك نەخەنە سەر خەڵکی بۆ نمونە ئەو پێخەفانەی تیا ئەنوێ وە یان هەر کەلو پەلێکی تری ئەو شوێنەی لێی ئەبێت پێویستە هەڵی بگرێتەوەو

بیخەیتەوە شوێنەکەی خۆی.

٣- هیچ شتێ نابێ لە جوتیاران و خەڵکی تر زەوت بکرێن وە هەر شتێکیان کڕی نرخەکەی بەتەواوی بدرێ بەخاوەنەکەی.

٤- هەر شتێکی خواستەمەنیی کەوتە لا بیداتەوە بە خاوەنەکەی وە هەر کەل و پەلێکی جوتیاران و خەڵکی تر خراپ یان لە ناوبرا ئەبێ بۆیان ببژێری.

٥- ئەبێ دەست پاکو راستگۆ بێت لەڕەفتارو قسەکردندا لەگەڵ جوتیاران و خەڵکی تردا.

٦- ئەبێ بایەخ بە پاکو تەمیزی خۆیو خەڵك بەگشتی بدات.

٧-روو ئەکاتە هەر ناوچەیەك ئەبێ نەریت و(تەقالید) ی ئەو ناوچەیە لەبەرچاو بگرێت.

٨- پێشمەرگە پارێزەری مانو ماف و شەرەفی هەموو گەلە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو پەڕی دەم پاك و رەوشت بەرز بێت.

چوارەم: کاری سیاسیی دەستەکان لە ناو جەماهیردا.

رێبازی کاری سیاسی دەستەکان لە ناو جەماهیردا بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەبن:

١- هوشیارکردنەوەو راپەڕاندنی جەماهیر وە لەهەنگاوی یەکەمدا مەسەلەی(تەعریبو تەهجیر) ئەکەینە مونتەلەق بۆ بزواندنی هەستی نیشتمان پەروەرانەی جەماهیرو مەترسیەکانی ئەو سیاسەتەی دوژمنیان بۆ روون بکرێتەوەو لەمەوە وردە وردە بچن بۆ مەسەلە سەرەکیەکان وەکو هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتی کورد کە باوەڕی تەواومان بە هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد هەیەو لەسەرو هەموویەوە مافی بڕیاردانی دوا رۆژو چارەنوسی لە لایەن خۆیەوە لەگەڵ ئەمەدا ئەمە باش روون بکرێتەوە کەخەباتی ناوخۆیی کوردو عەرەبو هەموو نەتەوە بچوکەکانی برامان لە عیراقدا زامنی سەرکەوتنی هەموو گەلی عێراقە بەگەلی کوردمانەوەو هەروەها روون بکرێتەوە کەخەباتی گەلەکەمان بەشێکە لە خەباتی گەلانی جیهانو سەرکەوتنی هەر یەکێکیان سەرکەوتنە بۆ هەموو گەلانی جیهان.

٢- هەوڵی رێکخستنی ریزە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان ئەدەین لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیدا بە مەرجی پاراستنی سەربەخۆیی رێکخستن و فکرو ئایدیۆلۆجیمانو لەسەر بنچینەی دیموکراتیانەو بێ پاڵەپەستۆی نادۆستانە ریزەکانی خۆمان فراوان ئەکەین.

٣- دوژمنایەتیی هیچ لایەك ناکەین. جا ئەو لایەنە حیزبێك بێت یان دەوڵەتێك ئەوانە نەبن کەدوژمنی راستەوخۆی گەلەکەمانو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکە بن یان وەکو حیزبە کارتۆنیەکان کەکلکی دوژمنن، لایەنەکانی تر کەئێستا هەڵوێستێکی وایان هەیە کەناڕاستەوخۆ لەگەڵ دوژمن یەك ئەگرنەوە هەوڵ ئەدەین کە بەلای گەلەکەماندا رایان بکێشین جا ئەمانە حیزبێك بن یان دەوڵەت وە یان کەسانی ناو جەماهیر، بەڵام هەر لایەنێك بە یەکجارەکی بەلای دوژمندا بکەوێ ئەوا ئەو کاتە حیسابی دوژمنی بۆ ئەکەین.

٤- ناکۆکیەکانی نێوان گەل بەگشتیو ناکۆکیەکانی نێوان هێزە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکان بەتایبەتی راست چارەسەر بکەین کە بێگومان هەمووی ئەمڕۆ ناکۆکی سانەوینو ئەبێ لەم پلەیەی خەباتماندا دژی دوژمنی راستەوخۆو سەرەکی بە شێوەیەکی دۆستانە چارەسەر بکرێ.

٥- بە هۆی ئەو زروفەوە کە دوای ئاشبەتاڵ هاتە پێشەوە و پاش گەڕانەوەی دام و دەزگاکانی میری بۆ ناوچەکانی کوردستان، دوژمن کەوتە ئەوەی کە خەڵکی بە زەبرو ترساندن بکەنە بەعسیو پیاوی خۆیان، بەتایبەتی زەبری زۆریان لەسەر کوێخا دێ و پیاوە دیارەکانی تری لادێیە بۆ ئەوەی مەعلوماتیان بۆ کۆ بکەنەوەو دەوری جاسوسیان پێ ببینن. ئێمە بەرامبەر ئەم کەسانە ئەبێ لە سەرەتاوە هەڵوێستێکی نەرممان

هەبێ وەنەبێ یەکسەر مۆری تاوان و خیانەتکارییان لێ بدەین و هەوڵی لە ناوبردنیان بدەین بەڵکو بە پێچەوانەوە کاتێك ئەچینە ناویانەوە وایان تێ بگەیەنین کە ئەوانە بەپیاوی خراپ نازانین وە هەوڵ بدەین کە ڕاستیی سیاسەتە تاوانکاریەکانی میرییان بۆ روون بکەینەوە بەتایبەتی سیاسەتی تەهجیرو تەعریب و مەترسیی بۆ سەر ئەوانیش وە تێیان بگەیەنین کە میری هەموو کورد بە یەك چاو تەماشا ئەکات وە لە بەینی رەش و سپی دا جیاوازی ناکات بەم جۆرە هەوڵی راکێشانیان بدەین بەلای گەلدا، خۆ ئەگەر لەوانە تیایاندا هەبوو کە بەدڵو بەگیان لەگەڵ دوژمندا بووەو هەر سوریش بوو لەسەر ئەو هەڵوێستەی ئەوا هەوڵ ئەدەین کە لەبەرچاوی خەڵکی دێ یەکە قسەی لەگەڵ بکەین بەڵکو بیگێڕینەوە بۆ سەر رێی راست، ئەگەر دیسان وازی نەهێنا ئەوا سزای تاوانکاریی خۆی، وە ئەگەر بۆمان کرا لەبەرچاوی خەڵکی دێیەکە محاکەمە بکرێت و سزا وەرگرێت.

دەبێ دووربینانە سەیری هەموو ئەم مەسەلە ووردانە بکەین و باش هەڵیان بسەنگێنین وە ئەبێ زۆر بەوزە بین و زروفی ناخۆش و هیلاکیو برسێتیو تەنانەت دژایەتی کردنیشمان لە لایەن هەندێك خەڵکەوە وامان لێ نەکات کە بگەینە ئەوەی بڕیاری خێراو ناڕاست بدەین و لە سیاسەتە راستەکانی خۆمان لابدەین. ئەم سیاسەتەمان لە بەرژەوەندیی بزوتنەوەکەیەو جەماهیرمان زیاتر لە دەور کۆ ئەکاتەوە.

پێنجەم: هاتنی خەڵك بۆ ناو ریزەکانمان «ئیلتیحاق»

لەبەر ئەوەی بزوتنەوەکەمان تەعبیر لە خواست و ئامانجەکانی گەلەکەمان ئەکات بێگومان خەڵکێکی زۆر دێنە ریزەکانی هێزە چەکدارەکانمانەوە وە بۆ ئەوەی یەکەم: ریزەکانی پێشمەرگە بەردەوام بە ڕێکوپێکی زیاد بکەنو گەشە بکەن. دووەم: بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگرین کە دوژمن ئەگەر ئەوەندە گەوج بوو ویستی خەڵکی سەر بە خۆی بنێرێتە ناو ریزەکانمانەوە بۆ خراپەکاریو تەخریب.

پێویستە لە وەرگرتنی خەڵکیدا پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- ئەوکەسانەی کەدێنە ریزەوەو لە لایەن هەندێ پێشمەرگەی ئێمەوە ناسراون ئەبێ بەلای کەمەوە هەریەکەیان یەکێك لەوانەی ئەی ناسن تەزکیە بکەن.

٢- کەسێك ئەگەر نەناسراو بوو لە دەستەکەو رێکخستنی ناوچەکەوە ئەوا پێشەکی تاقیبی ئێستاو رابردووی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابونی تەواو لەپاکیو دڵسۆزیی ئەو کەسەوە بۆشی روون بکرێتەوە کە ئەو تاقیبکردنە شتێکی پێویستە.

٣- أ- ئەگەر کۆمەڵێك «لە٣ سێ کەس زیاتر» بەیەکەوە هاتنە ریزەوە ئەوا خاڵی یەکەم یان دووەم بە پێی ناسراویو نەناسراوی پەیڕەو ئەکرێت تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت ئەگەر لێپرسراوەکەیان وە یان هەموویان لای رێکخستن ناسراو بن.

ب- لە ڕووی رێکخستنی عەسکەریەوە ئەو کۆمەڵانە دابەش ئەکرێن وە یان ئەگوێزرێنەوە وە یان ئەو کارەیان پێ ئەسپێررێت کە بەرژەوەندیی شۆڕش ئەیەوێت وە ئەبێ ئەوانەی دێنە ریزەوە بەوە قایل بن.

ج- لەم حاڵەتانەدا ئەبێ ئاگاداری لیژنەی سەرکردایەتیی دەستە چەکدارەکان بکرێن.

٤- بەپێی زیادبونی ژمارەی پێشمەرگەو «چەکدار» بەگوێرەی پێویستی هەر ناوچەیەك دەستەی نوێ دروست ئەکرێت و لیژنەی سەرکردایەتی ئاگادار ئەکرێن.

**ئیتر بۆ پێشەوە**

**بەرەو سەرکەوتن**

**لیژنەی سەرکردایەتیی دەستەی چەکدارەکان**

**حوزەیرانی ١٩٧٦**

## پەیڕەوی یەکگرتن

فراکسیۆنێکە ساڵی ١٩٩٣ لە ناو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دروست بوو، ئامانجەکەی یەکگرتن بوو لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. فراکسیۆنەکە لە باڵی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشی ناو حزبی زەحمەتکێشان و ژمارەیەك ئەندامی حزبی زەحمەتکێشان پێکهاتبوو.

سەرکردە دیارەکانی فراکسیۆنەکە لە مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، سالار عەزیز و ئەبوبەکر خۆشناو پێک هاتبون. لە ٢٤ی تەموزی ساڵی ١٩٩٣ فراکسیۆنەکە کە ژمارەی ئەندامەکانی نزیکەی ٥٠٠ کەس دەبوو، بە شێوەیەکی فەرمی وازی لە حیزبی زەحمەتکێشان هێنا و لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکی گرتەوە.

## پەیڤین (گۆڤار)




گۆڤارێکی روناکبیریی وەرزییە، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٧-٢٠١١ دا لە سلێمانی دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازەکەی فەرەیدون عەبدولقادرەو سەرنوسەرەکەی محەمەد موکرییە. ئەم گۆڤارە ٢٧ ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لە تەموزی ١٩٩٧ دەرچووەو ژمارە ٢٧ کە دوایین ژمارەیە لە تشرینی دووەمی ٢٠١١ دەرچووە. لەوانە دوو ژمارە، واتە ١١-١٢و ١٨-١٩ ژمارەی دوانەن.

لە یەکەم ژمارەدا هەر یەك لە سەرنوسەرو خاوەنی ئیمتیاز سەروتاری خۆی نوسیوە. لە سەروتارێکی کورتدا سەرنوسەر جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە «ئازادیی نوسین و رادەربڕین یەکەم ئامانجی ئەم گۆڤارەیە». هەروەها خاوەنی ئیمتیاز لە سەروتارێکی درێژدا نوسیویەتی «پەیڤین هەوڵ دەدا لاپەڕەکانی خۆی بە زمانێکی رەوان و بە پشووی قوڵبونەوە بە ناخی باس و لێکۆڵینەوەی دور لە دەمارگیری، لەتەك ئەوانی تردا، چرایەکی بلوری خاوێنی تر لە ڕێڕەوی کاروانی رزگاریو پێشکەوتنی کوردو کوردستاندا داگیرسێنێ». لە سەروتارەکەدا خاوەنی ئیمتیاز جەختی کردۆتەوە سەر هەمان بیرۆکەی سەرنوسەر لەمەڕ پارێزراویی ئازادیی رادەربڕین لەگۆڤارەکەو بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە دەبێ گۆڤارەکە «سەکۆیەکی ئازادی قەڵەمی رەسەن و بەرهەمی بەپێزو دەنگی دلێری روناکبیرانی کورد بێ». سەروتارەکە بەلای ئەوەدا دایشکاندووە کەگۆڤارەکە دەبێ «هۆیەکی بوژانەوەی پەیوەندییەکانی روناکبیرانی کوردستان بێ لەگەڵ ئاوەڵە عەرەبو فارس و تورکە هۆشیارو راستگۆ بەزاتەکاندا، تا بتوانێ دەرگای وتووێژی کوردو گەلانی ناوچەکە لەسەر مافە رەواکانیان و پێویستیی هاوکاری بۆ سەربەستیو پێشکەوتن ئاوەڵە بکاو بەبێ تەسکبینی، بیروڕایان لەگەڵ بگۆڕێتەوە». هەروەها

سەروتارەکە داوای کردووە گۆڤارەکە «نەفرەت لە لایەنە خامۆشو دزێوەکانی هەلومەرجی ئێستای کورد بکاو هەموو تروسکەیەکی گەش کۆ بکاتەوە بۆ گزنگی روناکبیریی کوردو خستنەوەی جولاَنەوەیەکی راستەقینەو بەکار».

گۆڤارەکە بە دوو خولدا تێپەڕیوە. لە خولی یەکەمدا گۆڤارەکە راستەوخۆ لە لایەن مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرچووە. لەم خولەدا تەنها دوو ژمارە دەرچووە، یەکێکیان لە تەموزی ١٩٩٧داو ئەوی دیکەیان لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ. پاشان بۆ ماوەی دە مانگ، کەماوەی نێوان هەردوو خولەکەیە، هیچی لێ دەرنەچووە. لە ئابی ١٩٩٨دا گۆڤارەکە تێهەڵچۆتەوەو ژمارەی سێیەمی لێ دەرچووە. بەم ژمارەیە خولی دووەمی دەست پێدەکا. هەرچەند ژمارەکانی خولی دووەم ناوی مەکتەبی راگەیاندنو ناوی هیچ دامەزراوەیەکی روناکبیریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لەسەر نیە، بەڵام دامەزراوەی دارایی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەموو خەرجییەکانی گۆڤارەکەی بە درێژایی ماوەی خولی دووەم گرتۆتە ئەستۆ.

لە سەروتاری یەکەم ژمارەی خولی دووەمدا، سەرنوسەر دانی بەوەدا ناوە کە ژمارەی سێیەمی گۆڤارەکە درەنگ دەرچووەو وتویەتی «ئەم ژمارەیەی پەیڤین (واتە ژمارە٣) دەبا ژمارە ٦ با. بەداخەوە نەمانتوانی وەك پێویست رەوتە ئاساییەکەی سەقامگیر بکەین». پاشان چۆتە سەر باس کردنی هۆکانی دەرنەچونی گۆڤارەکەو بەشێکی ئۆباڵەکەی خستۆتە ئەستۆی هەندێ ململانێی ناوخۆییەوە.

یەکەم دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە لە١٢ کەس پێکهاتووە کە ئەمانەن: دکتۆر سەلاحەددین حەفید، دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف، عەباس بەدری، مستەفا ساڵح کەریم، دکتۆر عومەر مارف بەرزنجی، غەفور ساڵح عەبدوڵلا، عەلی کەریم، جیهاد دڵپاك، خالد جوتیار، شێرزاد شێخانی، شەپۆل فاخر مێرگەسوریو عەتا قەرەداغی. لە ژمارە ٢دا دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف و خالد جوتیار لەدەستەی نوسەران نەماون. لە ژمارە ٣دا خالد جوتیار گەڕاوەتەوە بۆ دەستەی نوسەران و هەر یەك لە مستەفا ساڵح کەریم و شێرزاد شێخانی و جیهاد دڵپاك و عەلی کەریم لە دەستەکە نەماون. لە ژمارە ٤دا ناوی عەباس بەدری لەدەستەی نوسەران نەماوە. لە ژمارە ١١-١٢ دا ناوی دکتۆر سەلاحەددین حەفید لەدەستەکە نەماوە. لە ژمارە ١٣ دەستەی نوسەران لە٣ کەس پێکهاتووەو ناوی شەپۆل فاخر مێرگەسوری نەماوە. بەڵام لە ژمارەکانی دواتردا دەستەی نوسەران نەماوە.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ٢٩ بە ٢١سم دەرچووە. ژمارەی لاپەڕەکانی جێگیر نیەو لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی لاپەڕەکانی کەوتۆتە نێوان ٢٠٠ لاپەڕە وەك لە ژمارە ٥دا دەردەکەویو ٤٠٢ لاپەڕە وەك لەیەکەم ژمارەدا دەبینرێ. دیزاینی گۆڤارەکە دیزاینێکی پێشکەوتووەو وێنە تێیدا بەباشی بەکار هێنراوە. لەم روەوە چەند کادیرێك لە بەشی تەکنیکی گۆڤارەکەدا کاریان کردووە لەوانە شاناز محەمەد، سەردەشت حەمە ساڵح، جەلیل حسێن، لوقمان عەلی، چاوەڕێ ناسیح، شاخەوان ئیدریس، شەهرەزاد محەمەد برایم، قادر میرخان، نەوزاد عەلی ئەحمەدو دانا محەمەد. گۆڤارەکە لە چاپخانەکانی داناز، حەمدی، بیناییو سیا چاپ کراوەو هەندێ لە بەرگەکانی لە چاپخانەی دلێر چاپ کراون.

بەرگی پێشەوەو دەرەوەو پشتی بەرگ هەر جارەی بە تابلۆی هونەرمەندێك رازاوەتەوە لەوانە قادر میرخان، مەریوان جەلال، رۆستەم ئاغالە، سۆران

حەمەد ئەحمەد، وەهبی رەسول، عەلی حسێن، ستار قادر، ئەردەشێر رۆستەمی، چیمەن ئیسماعیل، سەلاح میرزاو غازی محەمەد.

هەرچەند گۆڤارەکە وەك وەرزنامە خۆی ناسیوە بەڵام بەکردەوە لە هیچ ساڵێکدا بۆی نەلواوە چوار ژمارەی لێ دەرچێ. تەنانەت لە هەندێ ساڵدا تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارەیەکی زۆر نوسەرو ئەدیب و شاعیرو وەرگێڕو تـوێژەر بابەتیان تێدا بـڵاوکـردۆتـەوە لـەوانـە دکتۆر سەلاحەددین حەفید، محەمەد نوری تۆفیق، سدیق ساڵح، لەتیف فاتیح فەرەج، محەمەد رەنجاو، یاسین فەقێ سەعی، دلاوەر قـەرەداغـی، تۆفیق عەبدول، محەمەد رەشید فەتاح، مستەفا ساڵح کەریم، ئەحمەد باوەڕ، ئازاد بەرزنجی، دکتۆر فەرهاد پیرباڵ، سامی هادی، ئازاد سدیق، عەتا قەرەداغی، شێرکۆ میرزا مەنگوری، شاخەوان مەنسور، دڵسۆز حەمە، شەپۆل فاخر مێرگەسوری، جەمال عەبدول، رەئوف بێگەرد، دکتۆر مستەفا زەنگەنە، غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، کـەریم شـارەزا، مەحمود زامـدار، کـەریم دەشتی، مەهاباد قەرەداغی، ئیسماعیل بەرزنجی، رۆستەم باجەلان، شێرزاد هەینی،کەمال نوری مەعروف، جەلال زەنگابادی، عەبدولخالید سابیر، دلێر میرزا، شۆڕش جوانڕۆیی، موعتەسەم ساڵەیی، دکتۆر عیززەددین مستەفا رەسـول، لەتیف هەڵمەت، مـارف ناسراو، ئەکرەمی میهرداد، یاسین سەردەشتی، کەیوان ئازاد ئەنوەر، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، جەلال حەمە غەریب قـادر، حەمە ساڵح گـەلاڵی، نەجمەددین مستەفا سەعید بەرزنجی، خالد جوتیار، ئەبوبەکر خۆشناو، سـەلام عەبدولکەریم، عەبدولموتتەلیب عەبدوڵڵا، ئازاد حەمە، عەبدوڵڵا قەرەداغی، کاکەمەم بۆتانی، عوسمان دەشتی، بڵند کەریم، پێشڕەو حسێن، عوسمان حەمە رەشید، نوری سەعید قـادر، ئەحمەد سەلام، ئامانج عەبدولکەریمو نەجم عەبدوڵڵا.

وا دانرابوو گۆڤارەکە بە زمانی کوردیو عەرەبی دەرچێو هەر بە هۆی ئەمەشەوە تایتڵی ناسینی دوو ژمارەکەی خولی یەکەم گۆڤارەکەی وا ناساندووە کە»گۆڤارێکی روناکبیریی وەرزییـە، بـەکوردیو عەرەبی، مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان دەری دەکـات». هـەروەها لە ژمـارە بەراییەکانی خولی دووەمیش لە تایتڵی ناساندنی گۆڤارەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە گۆڤارەکە بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی دەردەچێ.

بەشی عـەرەبیی گۆڤارەکە بایەخێکی تایبەتی بـە ناسینی رۆشـنـبـیـریو هـونـەرو ویـژەو مێژوی کـورد داوەو لەم چوارچێوەیەدا هەوڵێکی چڕی بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بەجیهانی عەرەب داوەو لەم هەوڵەیدا تا ئەندازەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. ئەرکی سەرپەرشتی کردنی بەشی عەرەبی بە عەباس بەدری سپێردراوە. بەدری لەیەکەم سەروتاری بەشی عەرەبیدا ئامانجەکانی بەشەکەی بەمجۆرە دەربڕیوە «بەشی عەرەبیی گۆڤارەکە دوو ئامانجی بنەڕەتیی هەیە: یەکەمیان، ناساندنی بابەتەکانی رۆشنبیریی کوردیو بەرهەمو داهێنانەکانی ویژەی کلاسیکیو هاوچەرخو هـونـەرو کەلەپورو مـێژووی کـورد، واتـە ناساندنی بابەتەکانی کوردۆلۆژیا، بۆ ئەوەی خوێنەری عەرەبو هەمـوو ئەوانەی ئاشنای زمانی عەرەبین شارەزایی دەربـارەی بوارەکانی کوردۆلۆژیـا پەیدا بـکـەن.... دووەمیان، دواندنی ئـاوەزی عـەرەبە بە خوێندنەوەی ئاوەزەکەو گوێ لێ گرتنی، لە چوارچێوەی پرۆسەی پەیڤینێکی رۆشنبیریی هـاوبـەشـدا بـە مەبەستی پتەوترکردنی دۆستایەتیی گەرمو گوڕی نێوان ئاوەزی کوردو ئاوەزی عەرەب چونکە فاکتو پێدراوو بەڵگە مێژووییەکان هەم لـەرابـردوودا هەم لەم سەردەمەی ئێستاماندا، دەریانخستووە کە ئـەو پەیوەستانەی

رایەڵەی نێوان دوو ئاوەزە هاوسێ لێك تێگەیشتووەكە تۆكمەتر دەكەن، بەهێزترین و سەركەوتوترین پەیوەستنو بەقازانج و سود بۆ هەردوو نەتەوەی كوردو عەرەب دەگەڕێنەوە. ئێمە بەنۆرەی خۆمان پێمان وایە ئەم پەیوەستانە لە ئایندەشدا هەر بەردەوام دەبن».

بەشی عەرەبیی گۆڤارەكە بەرهەمی ژمارەیەك نوسەری كوردو عەرەبی بڵاو كردۆتەوە لەوانە سادق سەبری، ئازاد بەرزنجی، عەبدوڵڵا قەرەداغی، برایم باجەلان، ساڵح عەیاری، دكتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف، شێرزاد شێخانی، كەژاڵ ئەحمەد، قوباد جەلی زادە، محەمەد ئەمین عەبدولكەریم، ڤیان عەبدولسەتار تاهیر، شێرزاد حەسەن، عەباس بەدری، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، محەمەد موكری، عیسا چیایی، مستەفا ساڵح كەریم، هەڵمەت مەحمود بەرزنجی.

بەشی عەرەبی تا ژمارە ٤ كە لە كانونی یەكەمی ١٩٩٨ دەرچووە، بەردەوام بووە. دواتر، وازی لێ هێنراوە چونكە بڕیار دراوە گۆڤارێك بە زمانی عەرەبی بە ناوی «پەیڤین ئەلعەرەبی» دەر بچێت. بەم پێیە، بەشی عەرەبیی پەیڤین وەك تێست و خۆئامادەكردن وابوو بۆ دەركردنی گۆڤارێكی رۆشنبیری بە زمانی عەرەبیو لەم سۆنگەیەوە «پەیڤین ئەلعەرەبی» جێی بەشی عەرەبیی پەیڤینی گرتەوە.

«پەیڤین» لە ڕوی بابەتەكانەوە بە یەكێ لەگۆڤارە پێشكەوتووەكان دادەندرێ كە تێیدا ویژەو سیاسەتو كوردۆلۆجیو هونەر و مێژوو وەك مۆزایكێكی قەشەنگو درەخشان رەنگیان داوەتەوەو گۆڤارەكەیان كردۆتە گۆڤاری دەستەبژێرێكی روناكبیری كراوەو خاوەن ئەزمون لە ژیانی گشتیدا. یەكێ لەو تایبەتمەندییانەی كە پەیڤین لەگۆڤارەكانی تر جیا دەكاتەوە ئەوەیە كەئەم گۆڤارە چەندەها لێكۆڵینەوەی دورو درێژو تێرو تەسەل و كورتە رۆمانی بڵاو كردۆتەوە، هەروەك هەندێ جار كتێبی گرنگی بەش بەش یان بە كاملی بڵاوكردۆتەوە.

## پەیمانگای كادیرانی قەڵاچوالان

پەیمانگای پێگەیاندنی كادیران. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ مەسەلەی پێكهێنانی تاوتوێ كراو ئەو ساڵە بڕیاری لێ درا. لە٢٠ی ئایاردا لە ئاهەنگێكی تایبەتدا بەئامادەبونی سكرتێری گشتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و ژمارەیەك لەئەندامانی سەركردایەتی، لە قەڵاچوالان كرایەوە. سەرەتا وەك دەزگایەكی سەربەخۆ كاری كردووەو ئەركی سەرەكیی پێگەیاندنی رابەرە سیاسییەكان بوو، بۆیە زۆرتر پەیوەندیی بە مەڵبەندی رێكخستنی پێشمەرگەوە هەبوو.

ساڵی ٢٠٠١ پاش دامەزراندنی مەكتەبی بیرو هۆشیاری، پەیمانگاكە كرایە بەشێك لەو مەكتەبە. لە ساڵی ٢٠١٠ دا پاش ئەوەی كە لە كۆنگرەی سێیەمدا مەكتەبی بیرو هۆشیاری كرایە ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران، پەیمانگاكە بەئەكادیمیاكەوە بەسترایەوە. لەسەروبەندی دابەش كردنی ئەكادیمیا بەسەر دوو بۆردا، یەكێكیان بە ناوی بۆردی هۆشیاریو ئەوی دیكە بە ناوی ناوەندی پێگەیاندنی كادیران، پەیمانگای كادیران بووە بەشێك لە بۆردی دووەم.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٦-٢٠١٣دا پەیمانگا ٧٠

خولی بۆ کادیران کردۆتەوە کەبەم جۆرە بووە: ١٦خول بۆ کادیرانی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، ٢٩ خول بۆ کادیرانی مەڵبەندەکانی ڕێکخستن، ٧ خول بۆ کادیرانی خوێندکاری مەڵبەندەکانو کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ٤ خول بۆ کادیرە ئەفسەرو کۆمیسێرەکانی ئاسایشو پۆلیسی سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی، ٦ خول بۆ کادیرەکانی ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان، یەک خول بۆ کەسوکاری شەهیدان، دوو خول بۆ کادیرە پێشکەوتووەکانی مەکتەبی ڕێکخستن، سێ خول بۆ ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان، دوو خول بۆ بەشداربوانی پرۆژەی هاوبەشی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. خولەکانی پەیمانگا سێ جۆرن: بنەڕەتی، روناکبیریو پسپۆری. خولی بنەڕەتی ماوەکەی ٣-٦ مانگە، زۆرتر تایبەتە بەکادیرەکانی سەر بەمەڵبەندەکانی ڕێکخستن و پێشتریش تایبەت بوو بە ڕابەرە سیاسییەکانی هێزی پێشمەرگە. لە ماوەی نێوان ١٩٩٦-٢٠١٣دا پەیمانگا ٢٧ خولی لەو جۆرە کردۆتەوە و تێیدا ١١١٧ بڕوانامەی بەخشیوە.

خولی روناکبیری ماوەکەی ١-٤ هەفتەیە، تایبەتە بەڕێکخراوە دیموکراتییەکان و خوێندکاران. لەم جۆرە خولە لە هەمان ماوەدا ١٥ خول کراوەتەوەو ٤٩٨ بڕوانامەی تێدا بەخشراوە.

خولی پسپۆری ماوەکەی هەفتەیەکەو تایبەت بەکادیرانی پێشکەوتوی مەکتەبەکان و ئۆرگانەکانی ناو مەڵبەندەکانی ڕێکخستنە. لەم جۆرە خولە ٢٨ خول لە هەمان ماوەدا کراوەتەوە کە تێیدا ٦٧٧ بڕوانامە بەخشراوە.

لە ساڵی ١٩٩٦ەوە نیاز سەعید عەلی لێپرسراوی پەیمانگای کادیرانی قەڵاچوالانە.

**ناوەندی پێگەیاندنی کادیران:**

دەزگایەکە ساڵی ٢٠١٠ پاش دابەش کردنی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران بەسەر دوو بۆردا، پێك هات. لە ساڵی ٢٠١٠دا لە پەیمانگای کادیرانی قەڵاچوالان و پەیمانگای پەروەردەی مەدەنیی سلێمانیو ناوەندی هەولێر پێك هات. لێپرسراوی ناوەندەکە لە ماوەی نێوان ٢٠١٠-٢٠١٣ عارف روشدی بووە و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی لە نیاز سەعید عەلی وەك بەڕێوەبەری پەیمانگای کادیرانی قەڵاچوالان، سیروان ئەحمەد سەعید وەك بەڕێوەبەری پەیمانگای پەروەردەی مەدەنی، سیامەند رەحمان قەرەنی وەك بەڕێوەبەری ناوەندی هەولێر، نەوزاد محەمەد ئەمین وەك بەڕێوەبەری کارگێڕیو داراییو تەلار عەبدوڵڵا وەك بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان پێکدێ. لە ساڵی ٢٠١٤دا بێستون سابوراوایی وەك دووەم لێپرسراوی ناوەندەکە دەستبەکار بوو.

## پاشکۆ
## وتاری تاڵەبانی لە ئاهەنگی دەرچواندنی خولی یەکەمی پەیمانگای کادیران لە قەڵاچوالان (٢٠ی ئابی ١٩٩٦)

هەڤاڵانی خۆشەویست

بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پیرۆزبایی لەو هەڤاڵانە دەکەم کە خولی یەکەمی کادیرانی پێشمەرگایەتیی ڕێبەرانی سیاسیی نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان سەرکەتووانە تەواو کردووە. ئەوە جێی دڵخۆشییە کە بەشی هەرە زۆریان کەڵکی باشیان لەو خولە وەرگرتووەو جۆری دەرچونەکانیان زۆر باشە یان باشە و دووانیان مام ناوەندییە. دیارە ئافەرینیشی تێدایە کە ئەمە هەموی نیشانەی ئەوەیە

که ئەم هەڤاڵانە ئەرکی خۆیان زانیوەو هەوڵیانداوە، ئەوەندەی پێویستە، کەڵك لەو خولە وەربگرن و زانیاری و فێربونی پێویست کۆ بکەنەوە. بەڵام دیارە دەبێ ئەم راستییە بزانن کە ئەوە بەس نیەو ئەمە نیوەی کارەکەیانە. نیوە گرنگەکەی تری ئەرك و کارەکەیان ئەوەیە کە ئەو زانیاری و زانینە بەرنەوە نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەو راستی و زانیارییانەی خۆیان کە لەم خولە فێری بون هێزی پێشمەرگە پەروەردە بکەن تا هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمووی ببێتە پێشمەرگەی راستەقینەی کوردو ببێتە تێکۆشەری سیاسیی چەکدار کە بە بیروباوەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گۆش کراوە بۆ ئەوەی رەوشت و خووی دێرینی پێشمەرگە، دەست و دەم و داوێن پاکی، لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بژێتەوە.

ئەرکی ئەو هەڤاڵانەی لەم خولە دەرچون، زۆرو گرنگەو بایەخی زۆری هەیە، بەتایبەتی کەئێمە هەمیشە لە شۆڕشی نوێماندا باوەڕمان بە وتە نایابەکەی شاعیری مەزنی کوردستان، کاك شێرکۆ بێکەس، بووە کە چەك و قەڵەم بووە. ئەمانە دووانەی خەباتی راستەقینەی ئێمەن. بێ ئەمانە، واتە بێ هۆشیاری و خەباتی چەکدار، خەباتەکەمان سەر ناکەوێت. پێویستە ئەم راستییە چاك لە دڵ و دەرونی پێشمەرگە قارەمانەکان بچەسپێنین.

ئەم خولە مایەی شادی و دڵخۆشییە بۆ ئێمەو هیوادارین کە دەچنەوە ببنە هەوێنی دامەزراندنەوەی کۆمیتەو کەرتەکانی پێشمەرگە. واتە هیوادارین ئەوانەی لەم خولە دەرچون، سەری خۆیان و مەڵبەندی رێکخستنی هێزی پێشمەرگە بەرز بکەنەوەو ببنە نمونە بۆ ئەو هەڤاڵانەی دوای ئەوان دێن. ئەوانە تەواوکەری ئەو ئەرکە پیرۆزەن کە لەسەریانە. هیوادارین ئەوانیش بەم شێوەیەو بگرە باشتریش، سەرکەوتن بەدەست بێنن و لە ئەنجامدا رێبەری سیاسیی هۆشیارو تێکۆشەرو ئازاو دەست و دەم و داوێن پاکمان هەبێت کە ببنە هەوێن لە ناو هێزی پێشمەرگەو لە ڕوی چۆنایەتییەوە هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشەوە بەرن، هەروەك لە ڕوی چەندایەتی و لە ڕوی مەشقیشەوە هەنگاوی باشی بۆ پێشەوە ناوە.

خۆتان باش دەزانن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری داوە رێکخستنەکانی تری نوێ بکاتەوە، هەم هێزی پێشمەرگە نوێ بکاتەوەو هەم خۆیشی نوێ بکاتەوە. ئەمساڵ توانیمان سەرژمێری هێزی پێشمەرگە بکەین و رێکی بخەینەوەو ئەوەندەی دەکرێ مەشقی پێ بکەین. شان بە شانی ئەمەش، لە ناو کۆلیجی عەسکەریی خۆمان چەندین خولی هۆشیاری و عەسکەری بۆ کادیرەکانمان کراوەتەوە. ئەم کۆلیجە عەسکەرییە جێی شانازی و سەربەرزییە بۆ ئێمەو یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی شۆڕشەکەمان و یەکێتییەکەمان. لەوێ چەندین جۆر مەشق کردن و فێرکردن و راهێنان بەڕێوە دەچێ. خوێندکارەکان کە لەوێ دەخوێنن، پاش چەند ساڵێك دەبنە ئەفسەر. فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەش خولی شەش مانگی تەواو دەکەن. ئێستا کۆلیج خەریکی خولی دووەمە بۆ ئەفسەرانی ئاسایش. هەروەها خولە جیا جیاکانی هەندەسە، تۆپ، تانك، هەواڵگری و زانیارییە جیاجیاکانی تریش لە کۆلیجی عەسکەری ئەنجام دراون. پەیمانگای کادیرانیشمان لە هەولێری پایتەخت هەیەو ملی لەوە ناوە کە پێویستە بکرێ و دەبوایە پێشتریش بکرایە، کە ئەویش پەروەردەی چۆنایەتیی کادیرو فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. هیوادارم ئەم پەروەردەیە بەردەوام بێ و ئەم سیاسەتە بۆ پێشەوە بڕوات. هیوادارم یەکێتی و هێزی پێشمەرگە هێدی هێدی خۆیان نوێ بکەنەوەو هەنگاوی گەورە بنێن و لە ڕوی چۆنایەتی و

گەشەکردنەوە بۆ پێشەوە بچن.

لە ئەنجامدا دەمانەوێ کار بکەینە سەر ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیش تا ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان ببینن. ڕێکخراوەکان ڕێکخراوی جەماوەریی زۆر گەورەو زۆر بایەخدارن و دەتوانن کار بکەنە سەر سەدان هەزار خانەوادەی کوردەواری و دەشتوانن سەدان هەزار ڕۆڵەی کوردستان لە ژێر ئاڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆ بکەنەوە.

خوشك و برایانی خۆشەویست

جارێکی تر پیرۆزبایی لەو هەڤاڵانە دەکەم کە لەم خولە دەرچون و هەروەها لەو هەڤاڵانەش کە تازە هاتون. هیوادارم ئەوانیش وەکو هەڤاڵەکانیان دەرس و کەڵکی باش وەرگرن و فێری زانیاریی پێویست بن بۆ ئەوەی کە چونەوە، ئەو زانیارییانە بە براکانیان بگەیەنن. هیوادارم ئیدارەی پەیمانگای کادیران لە فێرکردنی کادیرەکانی خولی دووەمی پێشمەرگەی کوردستاندا سەرکەوتووتر بێ.

ڕاستە هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەك بەکار دەهێنێ، بەڵام پێشمەرگە بەبێ هۆشیاری وەك کوێری لێ دێ و ناتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. بۆیە هەم زانیاری پێویستە، هەم مومارەسەو تاقیکردنەوەو بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە لە کۆڕی ئیش کردن پێویستن. جارێکی تر پێویستە سوپاسی فەرماندەیی کۆلیجی عەسکەری و ئەفسەرەکانی و هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لەو کۆلیجە کار دەکەن، بۆ ئەو ماندوبونەی کە تا ئێستا بۆ بەڕێوەبردنی خولە جیاجیاکانی هێزی پێشمەرگە نواندویانە. هیوا دەخوازم خولی ئەمجارەی فەرماندەیی، وەك خولی پێشو، سەرکەوتوو بێت، دڵنیام ئەم کۆلیجە عەسکەرییەمان لە مێژوی گەلی کورددا دەبێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوەو پرشنگدار. هەر دەدرەوشێتەوە تا دەبێتە ئەکادیمیای عەسکەریی کوردستان و چەندین لق و بەش و هۆبەی جیاجیای لێ دەبێتەوە.

ئێوەش، ئەی خوشك و برایان، هەر شادو سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

## پەیمانگای کادیرانی مەکتەبی ڕێکخستن

دامەزراوەیەکە ئەرکەکەی پێگەیاندنی کادیرە. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری دامەزراندنی دراوەو هەر لەو کۆنگرەیەدا بڕیار دراوە سەر بە مەکتەبی ڕێکخستن بێ. پاش کۆنگرە، لە ناو بارەگای مەکتەبی ڕێکخستن لە هەولێر لەسەر ڕێگای هەولێر- عەنکاوە، بودجە بۆ نۆژەن کردنەوەی ژورو هۆڵە گەورەکانی ناو بارەگاکە تەرخان کراو کاری نۆژەنکردنەوەکە بە کۆمپانیای شێلتەر درا. پاش نۆژەنکردنەوەی بیناکە، ژورو هۆڵەکان بەپێی پێویستیی پەیمانگاکە دابەش کران: هۆڵێك بەپێوانەی ٣٦٠ مەتری دوجا بۆ وانەوتنەوە، هۆڵێك بەپێوانەی ٣٠٠ مەتری دوجا بۆ نانخواردن، سێ هۆڵ کەهەر یەکێکیان روبەری ١٠٠ مەتری دوجا بوو بۆ نوستنی کادیرەکان و دو ژوریش بۆ کادیرە ژنەکان تەرخان کرا، هۆڵێك بەپێوانەی ١٠٠ مەتری دوجا بۆ کتێبخانەو خوێندنەوە، دوو ژور بۆ بەڕێوەبەری پەیمانگاو لێپرساوی بەشی کارگێڕیو هۆڵێکیش بۆ چێشتخانە دانراو ژورێکیش وەك کۆگا سودی لێ وەرگیرا. بیناکە باخ و چیمەنو گۆڕەپانێکی گەورەی بۆ وەرزش و یارییەکانی باسکەو باڵە هەبوو.

لەو ڕوانگەیەوە کە پەیمانگاکە سەر بەمەکتەبی ڕێکخستنە، سەرپەرشتیارە گشتییەکەی لێپرساوی مەکتەبی ڕێکخستن عومەر فەتاح بوو. بەڵام لە ناوخۆدا پەیمانگا بەڕێوەبەری خۆی هەبوو کەدەبوایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن بێ. لە ماوەی نێوان

١٩٩٢-١٩٩٦دا پەیمانگا چوار بەڕێوەبەری بە خۆیەوە دیوە کە یەك لەدوای یەك ئەمانەن: ئاوات عەبدولغەفور، مستەفا سەید قادر، عارف روشدیو پێشەوا تاڵەبانی.

بەشی کارگێڕیی پەیمانگا لەچوار کەس پێکهاتبوو کە ئەمانەن: رەفعەت محەمەد یاسین لێپرسراوی بەشی مامۆستایان و کادیران، عوسمان رەحمان محەمەد لێپرسراوی بەشی گەنجینەو چێشتخانە، ستار خانەقینی لێپرسراوی کتێبخانەو ستار گەردی لێپرسراوی ژمێریاری.

خولەکان بە هەماهەنگیی نێوان مەکتەبی رێکخستنو مەڵبەندەکانی رێکخستن رێك دەخران. مەکتەبی رێکخستن مەڵبەندەکانی بۆ بەشداری کردن لە خولەکانی پەیمانگای کادیران ئاگادار دەکردەوەو مەڵبەندەکان سەرپشك بون لە دیاری کردنی کادیرەکان. بەشداربون لە خولەکان مەرجی بۆ دانرابوو. دەبوایە بەشداربوو کادیرێکی پێشکەوتوی مەڵبەندەکان بێو لانی کەم بڕوانامەی ناوەندیی هەبێ.

خولی یەکەم لە١ی ئەیلولی ١٩٩٢ دەستی پێ کردو بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ بەردەوام بوو. ماوەی خولەکانی پاشتر، بەسود وەرگرتن لە ئەزمونی خولی یەکەم، بۆ سێ مانگ درێژ کرانەوە. لە ماوەی نێوان ١٩٩٢-١٩٩٦ پەیمانگای کادیران ١٤ خولی رێکخست کە دەوروبەری هەزار کادیر بەشداریی تێدا کردووە. جگە لە مەڵبەندەکان کە پەیمانگا خولی بۆ کادیرەکانیان رێکدەخست، خول بۆ کادیری رێکخراوەکانیش رێك دەخرا وەك کادیرەکانی یەکێتیی ژنانو کۆمەڵەی خوێندکاران، بەڵام ماوەی ئەم خولە تایبەتانە بەقەد ماوەی خولە گشتییەکان درێژ نەبوو.

لە١٥ی تەموزی ١٩٩٦ بە هۆی رەوشی نائارامی هەولێرەوە، لە سۆنگەی شەڕی ناوخۆوە کۆتایی بەخولەکان هێنرا. بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆ خولەکان دانرابوو. رۆژانە شەش سەعات وانە دەوترایەوەو وانەکان وا دابەش کرابون کە بەیانییان چوار سەعاتیان بۆ تەرخان بکرێو پاش نیوەڕوان دوو سەعات.

پەیمانگای کادیران دوو قۆناغی بەخۆیەوە دیوە. قۆناغی یەکەم کەقۆناغی هەولێری پێ دەوترێ کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦و قۆناغی دووەم کە قۆناغی سلێمانیی پێ دەوترێ کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٩٧-٢٠١٠. لە قۆناغی هەولێردا ژمارەیەك مامۆستای زانکۆ وانەیان وتۆتەوە لەوانە دکتۆر عەبدولڕەحمان عەبدولکەریم، دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، دکتۆر حەمید عەزیز، دکتۆر ئارام عەبدولواحید، دکتۆر عیززەددین مستەفا رەسول، دکتۆر نوری هەرزانی، دکتۆر خالید حەمەد ئەمین بەدرخان، دکتۆر فازل قەفتان، دکتۆر مارف عومەر گوڵ، دکتۆر دلێر ئەحمەد حەمەد، دکتۆر یوسف حەمە سالح، دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی، دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوەیی، دکتۆر سەلاح حەفیدو هی تر. وانە ئەکادیمییەکان بریتی بون لەیاسای کارگێڕی، جیۆپۆلەتیك، فەلسەفەی سۆسیال دیموکراسی، ئاسایشی نەتەوەیی، مێژوی وێژەی کوردی، کۆمەڵناسی، بەڕێوەبردن، ئابوری، جینۆساید، سیستمە سیاسییەکان، شەڕی سایکۆلۆژی، مێژوو، فەلسەفە، ئامارو ئابوریی کوردستان. وانە ئایدیۆلۆژییەکان کادیرو ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەیانوتەوە.

ساڵی ١٩٩٦ پەیمانگای کادیران لە سۆنگەی تەشەنە سەندنی شەڕی ناوخۆوە پەکی کەوت. ساڵی ١٩٩٧ قۆناغی دووەمی پەیمانگاکە دەستی پێ کرد، کاتێك پەیمانگاکە رێك خرایەوەو کەوتەوە درێژەدان بە ئەرکەکانی خۆی. بەم پێیە لە یەکی حوزەیرانی ١٩٩٧ یەکەم خولی قۆناغی سلێمانیی پەیمانگای کادیران بە سەرپەرشتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم دەستی پێ

کردو ماوەی مانگێکی خایاند.

بارەگای پەیمانگای کادیران لە گەڕەکی ئەندازیاران دانراو پاش خولی یەکەم، ماوەی خولەکان بە ٤٥ رۆژ دیاری کرا. بیناکەی پەیمانگا لە سلێمانی بە بەراورد لەگەڵ بیناکەی هەولێر، کەمتر بۆ بەکارهێنان وەك بارەگای پەیمانگا بەکەڵك دەهات، بچوکتریش بوو. بەڵام بە شێوەیەك رێك خرا کەبتوانرێ بۆ کاروباری پێگەیاندنی کادیران کەڵکی لێ وەربگیرێ. بیناکە لە هۆڵی وانە وتنەوەو هۆڵی نانخواردن و سێ هۆڵی نوستنو سێ ژور بۆ بەڕێوەبەری پەیمانگاو دوو ژور بۆ کارگێڕیو ژورێك بۆ چێشتخانە پێکهاتبوو.

لەم سەروبەندەدا مەکتەبی رێکخستن بەشێکی بە ناوی بەشی روناکبیری کردەوە کە ئەرکەکەی سەرپەشتی کردنی پەیمانگای کادیرانو چاپو بڵاوکردنەوەی بابەتی رۆشنبیری بوو، لەوانە دەرکردنی گۆڤاری «رێبازی نوێ». بەڕێوەبردنی بەشەکە بە ئەبوبەکر خۆشناو سپێردراو بەم پێیە ئەبوبەکر خۆشناو یەکەم بەڕێوەبەری قۆناغی سلێمانیی پەیمانگای کادیرانەو لە سەردەمی ئەودا لێپرساوەتییەکانی ناو پەیمانگا بەم جۆرە دابەش کران: رەفعەت محەمەد یاسین لێپرساوی مامۆستایانی وانەبێژو کوردۆ رەحمان لێپرساوی کاروباری کادیران. دواتر، ژمارەیەك کادیر بۆ وانەوتنەوەو کاروباری کارگێڕی بۆ پەیمانگا گواسترانەوە لەوانە ڤیان مەجید، نەوزاد محەمەد ئەمین، دکتۆر سەروەر عەبدولرەحمانو دکتۆر شوان عوسمان و هاوڕێ عومەر.

لە ماوەی نێوان ٢٠٠٧-٢٠١٠دا دکتۆر شوان عوسمان بەڕێوەبەری پەیمانگاکە بوو، لێپرساوەتییەکانی ناو پەیمانگاش بەمجۆرە دابەش کران: جێگری لێپرساو سەمەد جەبار مەعروف، لێپرساوی کاروباری بەڕێوەبردن نەوزاد محەمەد ئەمین، لێپرساوی بەشی پەیوەندییەکان تەلار عەبدوڵڵا حاجی.

لە قۆناغی سلێمانیدا ژمارەیەك مامۆستای زانکۆو کادیرو کەسانی رۆشنبیر وانەیان وتۆتەوە لەوانە دکتۆر ئاراس دارتاش، دکتۆر نزار محەمەد ئەمین، دکتۆر ئارام عەبدولواحید، دکتۆر شۆڕش عومەر، دکتۆر دلێر ئەحمەد حەمەد، دکتۆر عیززەددین مستەفا رەسول، ئاراز زەینەل، دکتۆر شوان عوسمان، دکتۆر نەبەز مەجید ئەمین، دکتۆر سەروەر عەبدولڕەحمان، دکتۆر زانا رەئوف، دکتۆر شاهۆ سەعید، دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، دکتۆر لەتیف مستەفا، دکتۆر مارف عومەر گوڵ، جەلال حسێنی، شوان ئەحمەد، مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی، یوسف گۆران، ئارام عەلی عەزیز، فەیسەل عەلی خورشید، حەسەن یاسین، ئەکرەم میهرداد، بەختیار چاوشین، رەئوف سالح، دکتۆر ئاکۆ شوانی، هاوژین مەلا ئەمین، دکتۆر سامان فەوزی، دکتۆر کەمال خۆشناو، ئەحمەد ساڵح، کەژاڵ ئەحمەد.

لە قۆناغی سلێمانیی پەیمانگای کادیران ١٣ خول لە ماوەی نێوان ١٩٩٧- ٢٠١٠ دا کراوەتەوە کەهەندێکی خولی تایبەت بەکۆمەڵەی خوێندکارانو یەکێتیی ژنان و یەکێتیی مامۆستایانو پیاوانی ئاین بووە. بەم پێیە، سەرجەمی خولەکانی پەیمانگای کادیران بەدرێژایی ماوەی نێوان ١٩٩٢-٢٠١٠ گەیشتۆتە ٢٧ خول.

لە هەردوو قۆناغی هەولێرو سلێمانیی پەیمانگای کادیراندا ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وانەیان سەبارەت بە هەندێ بابەتی تایبەت وتۆتەوە لەوانە جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دکتۆر فوئاد مەعسوم، مەلا بەختیار، فەرەیدون عەبدولقادر، شەماڵ عەبدولوەفا، فەرید ئەسەسەرد، دکتۆر کەمال فوئاد، کۆسرەت رەسول عەلی، ئەرسەلان بایز، عومەر فەتاح، سەعدی ئەحمەد پیرە.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پاش بڕیاردان لەسەر پێکهێنانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران، بڕیار درا پەیمانگای کادیران لەمەکتەبی ڕێکخستن وەربگیرێتەوەو بخرێتە سەر ئەکادیمیای هۆشیاری. پاش کۆنگرەو پاش کارکردن بەسیستمی بۆردەکانو دابەش کردنی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران بەسەر دوو بۆرددا، پەیمانگای کادیران بە بۆردی ناوەندی پێگەیاندنی کادیرانەوە بەسترایەوە.

## پەیمانی ئاکار

دیکۆمێنتێکی سیاسییە لە پلینۆمی چوارەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ پەسند کرا. ناوەڕۆکی دیکۆمێنتەکە جەخت دەکاتە سەر پابەندبونی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی بە وازهێنان لە دەستەگەریو کارکردن بەپێی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی.

دەرچونی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پێکهێنانی بزوتنەوەی گۆڕان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر داهێنانی پەیمانی ئاکار هەبوو. دیکۆمێنتەکە بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی نەهێشتنی دەستەگەری و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی داوە بە چەشنێك کە ببێتە مایەی بەهێزکردنی ڕۆڵی یەکێتی لە پرۆسەی سیاسیدا پاش جیابونەوەی ژمارەیەك ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیو پێکهێنانی بزوتنەوەی گۆڕان.

دەقی دیکۆمێنتەکە مەلا بەختیار نوسیویەتیو هەر خۆیشی لە پلینۆمدا خوێندییەوە. دیکۆمێنتەکە لە پێنج خاڵ پێکدێو لە سەرەتادا نیاز وابوو پێنج واژۆی لەسەر بێ، بۆیە لەدەقی چاپکراودا ناوی هەر یەك لە تاڵەبانی و دکتۆر بەرهەم ساڵح و کۆسرەت ڕەسول عەلی و دکتۆر فوئاد مەعسوم و مەلا بەختیاری لەسەرە بەڵام لە مەراسیمی واژۆکردنی دیکۆمێنتەکەدا لە دوایین ڕۆژی پلینۆمی چوارەم لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩، تاڵەبانی داوای لەئەندامەکانی تری مەکتەبی سیاسی کرد واژۆی بکەن و بەم پێیە ژمارەی واژۆکان لەپێنج واژۆوە گەیشتە یانزە واژۆ. جگە لە پێنج واژۆ سەرەکییەکە، دیکۆمێنتەکە شەش واژۆی تریشی لەسەرە کە خاوەنەکانیان ئەمانەن: عەدنان موفتی، سەعدی ئەحمەد پیرە، عومەر فەتاح، عادل موراد، عیماد ئەحمەدو ئەرسەلان بایز.

دیکۆمێنتەکە لە قۆناغی بەرایی دوای کۆنگرەی سێیەم ئاسەوارێکی دیاری لەسەر ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە ناوخۆییەکانو کەم کردنەوەی دیاردەی دەستەگەری بەجێ هێشت.

بابەتی پەیوەندیدار:

* پلینۆمی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

### پاشکۆ
### دەقی پەیمانی ئاکار

هەڤاڵانی پلینۆم و یەکێتی
کەسوکاری شەهیدان
پێشمەرگە نەبەزەکان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەمجارەش، لە هەلومەرجێکی مەترسیداری سیاسیدا، بە خۆڕاگریی ئەندام و ئۆرگان و پێشمەرگە، دۆست و دڵسۆزانی، بەسەر پیلانێکی تێکدانی ریزەکانیدا سەر کەوت و دوای بردنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

و پێکهێنانی کابینەی شەشەم، وا پلینۆمێکی فراوانیشی سەر خست.

دڵنیاین، چۆن هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەرسێکی گەورە بوو، بۆ بەرچاو رۆشنیی زیاتر کە چ پیلانێك بۆ تێکدانی یەکێتیو حکومەتی کوردستان لە ئاراد بوو، پێکهێنانی کابینەی شەشەمیش، بۆ بەرپەرچدانەوەی مەترسییە دەرەکیو ناوخۆییەکان، سەرکەوتنێکی گەورەی ترە لەم قۆناغەدا، هاوکاتیش پلینۆم بۆ یەکێتی، رێکخستنەوەو ئاراستەکردنو وەڵامدانەوەیەکی مێژوویی بوو بۆ سەرجەم پروپاگەندەو کێشمەکێشەکان.

هەڤاڵان

ئێستا کە پلینۆم بە هۆشیاریو دڵسۆزیی ئەندامانی یەکێتی، سیاسەتو پرنسیپی چاکسازیو یەکریزیو جێبەجێکردنی بەرنامەی لیستی کوردستانیی دارشتەوە، ماوەتەوە، مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو ئۆرگانەکانی یەکێتی، لە ناو پلینۆمدا، پەیمانی ئاکاری یەکێتی بە تەواوی ئەندامانی یەکێتی، کەسوکاری شەهیدان، پێشمەرگە قارەمانەکان، دڵسۆزان و پشتیوانانی یەکێتی بدەن کە:

یەکەم: لە دوای ئەم پلینۆمەوە، مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیی یەکێتی تێکرا، دور لە هەموو چەشنە کێشەو بێشەیەك، دور لەگیانی دەستەگەری، لەمەودوا، یەکهەڵوێست و یەك ئاراستە، یەکێتیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەپارێزن و پەرەی پێ دەدەن.

دووەم: تەواوی هەڤاڵان و کادیرو ئۆرگانەکانی یەکێتی، بە یەك چاو، بە یەك سۆزو خۆشەویستیی هاوچارەنوسسازیی هەڤاڵانە تەماشا دەکرێن.

سێیەم: مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی، کتومت پابەندی پەیرەوو پرۆگرامی پەسندکراوی دووەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبن و جێبەجێشی دەکەن.

چوارەم: مەرجەعیەتی بەرپرسان، کادیران و ئۆرگان و داوو دەزگاکان، رێزی لێ دەگیرێ و لە ژێر هیچ پەردەو پاساوێك پێشێل ناکرێ.

پێنجەم: پابەندبون بەم پەیمانی ئاکاری یەکێتی کە پلینۆم پەسندی کردووە، بۆ سەراپای ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو ئۆرگانەکان مەحەکی دڵسۆزیی راستەقینەیە بۆ یەکێتی، پێچەوانەکەشی، دژایەتی کردنی ئیرادەی دیموکراسی، هەڵوێستی پلینۆم، چاکسازیو یەکریزیی یەکێتییە.

هەڤاڵان

بەم پەیمانی ئاکارە، پەیمان دەدەین کە لەدوای پلینۆمەوە وەرچەرخانێك لەهەستو هەڵوێستو هەڵسوکەوتو سیاسەتمان بۆ درێژەپێدانی خەبات لەریزەکانی یەکێتیدا، بێنینە دیو بۆ گەلەکەشمانی دەسەلمێنین کە یەکێتییەکەیان، یەکێتییەکەی کاروانی شەهیدانو سەدان داستانی فیداکاری، هەزاران دەستکەوتی گەورەو گچکەی رۆژگاری بەرەنگاریو دوای راپەرین، یەکێتی ئاڵاهەڵگری دیموکراسیو ئازادیو مەدەنیەت و درێژەپێدەری رێرەوی بونیادنانی حکومەتو خزمەتەکانی، هەر ئەو یەکێتییە نیشتمانییە کوردستانەیە، کە لە دوای هەموو نوچدانێك و پیلانێك، قاڵو قوڵتر لە بۆتەی خەبات هاتۆتە دەرو پاشتریش درێژەی بە کاروانی رزگاری و دیموکراسی و ئاوەدانی داوە.

داواشمان وایە لە ساڵانی رابردودا هەر هەڵەو کەموکورییەك رویدابێت، هەمووی بکەینە دەرس و پەند بۆ ئێستاو دوارۆژێکی باشتری نوێبونەوە و ئاوەدانیو سەرخستنی ئەزمونە دیموکراتییەکەی عیراق و کوردستان.

بژی یەکێتیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
هەر شەکاوە بێت ئاڵای دیموکراسی.
نەمری بۆ شەهیدان.
٢٠٠٩/١٠/٣١

## پەیمانی هاوکاریی نیشتمانیی کوردستان (پڕۆژە)

پڕۆژەیەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ پێشکەش بە سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و خۆلادان لە شەڕی ناوخۆ. لەو ماوەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی ڕێك خستبۆوەو چەند بارەگایەکی لە ناو خاکی تورکیا لە نزیك سنوری عیراق- تورکیا دانابوو و کێشەیەکی زۆری بۆ ئەو کادیرو مەفرەزانەی پێشمەرگە دروست کردبوو کە لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار دەنێردرانەوە. تا ئەو کاتە پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی کاتی و بنەماڵەی بارزانی هێشتا رون نەبوو. ئەو گروپەی کە لەو کاتەدا لەسەر سنور گرفتی بۆ مەفرەزەو کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست دەکرد گروپێك بوو هەر یەك لە جەوهەر نامیق و کەریم سنجاری سەرپەرشتییان دەکرد. لە١٤ی ئابدا تاڵەبانی لە نامەیەکدا بۆ ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی داوای کرد بۆی رون بکەنەوە کە ئایا ئەندامانی ئەو گروپە فەرمان لەوان وەردەگرن یان لە خۆیانەوە هەڵسوکەوت دەکەن، هەروەها هەڕەشەی کرد کە ئەگەر ئەو گروپە ئەندامە دەستگیرکراوەکانی یەکێتی ئازاد نەکاو واز لە «دەوری ژەندرمەیی» نەهێنێ، یەکێتی لە مانگی ئەیلول بە دواوە لە وەڵامدانەوەی رەفتاری تاقمەکەی جەوهەر نامیق- کەریم سنجاریدا دەستکراوە دەبێ.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو رێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ، هەوڵێکی ناوبژیوانی کە عەلی سنجاری لە ئەستۆی گرتبوو، بەو ئاکامە گەیشت کە کات و شوێنێك بۆ دیداری تاڵەبانی و مەسعود بارزانی دیاری بکرێ. لە١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦دا تاڵەبانی چوو بۆ لەندەن و لەوێ چاوی بە هەر یەك لە مەسعود بارزانی و سامی عەبدولڕەحمان کەوت و لەو کۆبونەوەیە بڕیار درا کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لەسەر سنوری عیراق- تورکیا بەرامبەر بە مەفرەزەو کادیرەکانی یەکێتی کراون، پێك بهێنرێ. هەر لەو کۆبونەوەیەشدا تاڵەبانی پڕۆژەی پەیمانی هاوکاریی بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کرد.

پڕۆژەکە لە شەش سێکتەر پێکدێ. سێکتەری یەکەم و دووەم بۆ رێکخستنی پەیوەندیی بزوتنەوەی کوردو حزبە عیراقییەکان تایبەت کراوەو تێیدا جەخت کراوەتەوە سەر پێویستیی بەعیراقی کردنی شۆڕش و تێیدا ئەو مافە بۆ حزبەکانی عیراق سەلمێنراوە کە کوردستان بکەنە گۆڕەپانی خەباتی خۆیان لە دژی رژێمی سەددام- بەکرو لەو سەروبەندەدا تیۆریی تاك حزبی و خۆسەپاندنی یەك حزب بەسەر حزبەکانی تردا رەت کراوەتەوە. لە ناوەڕۆکدا، مەبەست لە رەتکردنەوەی ئەزمونی تاك حزبی، تاقیکردنەوەی ئەزمونی فرەیی بوو لە کوردستاندا کە تێیدا هەموو حزبەکان پێکەوە بۆ رزگارکردنی نیشتمانی تێدەکۆشن و یەك حزب و یەك سەرکردە تەنها بڕیار لەسەر هەموو شتێك نادا. لەم دوو سێکتەرەدا زۆر بایەخ بە هاوخەباتیی کوردو عەرەب بۆ هێنانە دیی دیموکراسیی سازان و بنیاتنانی سۆسیالیزم و دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دراوە.

لە سێکتەری سێیەمدا باس لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان لایەنە کوردستانییەکان کراوەو بە ناوەڕۆك تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە «بە هیچ برِو بیانوویەك» نابێ ئەزمونی خۆبەستنەوە بە ئێرانی شاهنشاهی دوبارە بکرێتەوە.

سێکتەری چوارەم تێڕوانینێکی سەرتاپا چەپڕەوانە بەسەریدا زاڵەو تێیدا جەخت کراوەتە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو لەم سەروبەندەدا ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە « دوژمنە سەرسەخت و دڕندەکەی نەتەوەی کوردو تەواوی گەلانی ڕۆژهەڵات» دانراوەو لە بەرامبەردا بەم جۆرە سەیری بزوتنەوەکانی ڕزگاریی نیشتمانیی گەلانی جیهانی سێیەم و دەوڵەتە سۆسیالیستەکان و چینی کرێکاری وڵاتە سەرمایەدارەکان کراوە کە لە ڕوی بابەتی و ستراتیجییەوە «هاوپەیمانی راستەقینەی گەلی کورد» پێکدێنن.

لە سێکتەری پێنجەمدا پەیوەندی کردن بە حکومەتی عیراقەوە یاخود وتوویژ لەگەڵی، بە بێ رەزامەندیی لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆن، بە کارێکی قەدەغەکراو دانراوە.

سێکتەری شەشەم بە گرنگترین سێکتەری پرۆژەکە دادەندرێ و تێیدا جەخت کراوەتە سەر پێویستیی کۆتایی هێنان بە کوشتن و گرتنی ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تورکیا و پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە دەستیان لە ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەیەو دۆخەکە بەرەو شەڕی ناوخۆ پاڵ پێوە دەنێن.

پاش ماوەیەك وەڵامی پارتی سەبارەت بە پرۆژەکە بەدەست گەیشت. پارتی لە وەڵامەکەیدا پێشنیاری کردبوو ناوی پەیمانەکە لە پەیمانی هاوکاریی نیشتمانییەوە بکرێتەوە پەیمانی بەرەی خەباتی نیشتمانی و تەنها هەردوولا نەگرێتەوە بەڵکو بۆ وەرگرتنی لایەنەکانی تریش کراوە بێت. هەروەها هەندێ پەرەگرافی هەموار کرابۆوەو هەندێ شتی بۆ زیاد کرا بوو وەك ناوهێنانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠. سەرنجراکێشترین خاڵ لە هەموارکردنەکاندا ئەوەیە کە دەقە پێشنیارکراوەکە رواڵەتێکی چەپڕەوتری وەرگرتبوو بە جۆرێك کە لە هەندێ رووەوە دەقی بەرایی تێپەڕاندبوو. هەر بۆ نمونە، دەقی هەموارکراو لەبری داواکردنی «سۆسیالیزم» داوای «سۆسیالیزمی زانستی» دەکرد. لەم چوارچێوەیەدا لە کاتێکدا کە سۆسیالیزم، بە چەمکە ئابورییە سیاسییەکەی، لە جێبەجێ کردندا دابەش کردنی دادپەروەرانەی سامانی نیشتمانییە لە کۆمەڵگایەکدا کە هۆکانی بەرهەم هێنان و دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان موڵکی کەرتی گشتین، سۆسیالیزمی زانستی، بەچەمکە مارکسیستییەکەی، پشت ئەستورە بەو رێسا زانستییانەی کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی دۆخی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زانستی لە چوارچێوەی ماتریالیزمی دیالەکتیك و ماتریالیزمی مێژوویی، ئەمەش لە کاتێکدا کەپارتی خۆی بە حزبێکی مارکسیست و کۆمۆنیست نەدەزانی.

بە کردەوە، پرۆژەکە هیچی لێ سەوز نەبوو چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان لێپێچینەوەی لەگەڵ ئەو کادیرانەی خۆیدا نەکرد کە لە تورکیا دەستیان لە کوشتن و گرتنی کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبوەو بە هۆی ئەمەوە کێشەکە هەر درێژەی کێشاو پەیوەندیی نێوان هەردولا بۆ ماوەیەکی دورو درێژ بە گرژی مایەوە.

## پاشکۆ
## دەقی پڕۆژەی پەیمانی هاوکاریی نیشتمانیی کوردستان

ئەزمونی هەرەس هێنانی شۆڕشی کورد پاش ڕێککەوتننامەی جەزایر جارێکی تر ئەو ڕاستییەی پشت ڕاست کردەوە کە بزوتنەوەی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕەوایدا، دەبێ پێش هەموو شتێك پشت بە هێزی داهێنەرانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ببەستێ و پاشان پشت ئەستور بێ بە هاوخەباتیی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی ئەو گەلانەی کە لەگەڵیاندا دەژی. بە دڵنیاییەوە بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کورد هیچ ڕێوشوێنێك جگە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژ خایەن لە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی و لەسەروی هەمویەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزمی ئیسرائیل و لە دژی ئەو حکومەتە دیکتاتۆرە کۆنەپەرستانەی کە مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کوردیان زەوت کردووە، هیچ ڕێوشوێنێکی دیکەی خەبات نیە.

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد ئەوەندەی کە بزوتنەوەیەکی مێژووکردی بابەتییە لە دژی ئیمپریالیزم و حکومەتە کۆنەپەرستەکان، ئەوەندەش لە ناوەڕۆکدا بزوتنەوەیەکی دیموکراتییانەی دژ بە دەرەبەگایەتی و پەیوەندییە خێڵەکییەکان و پاشماوە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندییەکانی سەدە ناوەڕاستەکانە.

بۆیە ئەوانەی کە لە ناو ئەم بزوتنەوەیەدا کار دەکەن و لەپێناوی ئامانجەکانیدا تێدەکۆشن، دەبێ ڕاستییە ناوبراوەکان تێ بگەن و دواجار دەبێ لە کاری نیشتمانیدا سیاسەتێکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازانە پیادە بکەن و دژی هەموو جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ لایەنە ئیمپریالیست و زایۆنیست و دیکتاتۆرەکان بوەستنەوە چونکە ئەو لایەنانە چەندین جار ستەمیان لە گەلی کورد کردووەو بە دوژمنی سەرەکیی گەلی کوردیش دەژمێردرێن و دەبێ خەبات بکەین بۆ بەیەکجاری ڕزگارکردنی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد لە پیلان و فرتوفێڵ و دەستێوەردانی تاوانکارانەی ئەو لایەنانە.

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە بنچینەدا بزوتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، لە ناوەڕۆکدا بزوتنەوەی جوتیارانە، هەروەك بزوتنەوەی کرێکاران و جوتیاران و بورژوازیی بچوکیشە. بۆیە، ئەم بزوتنەوەیە دژی دەرەبەگایەتی و بورژوازیی نۆکەرو سازشکارەو بۆ وەدی هێنانی ڕیفۆرمێکی ریشەیی زەوی بە قازانجی جوتیارە زەحمەتکێشەکان تێدەکۆشێ و دەرەبەگایەتی و بورژوازیی نۆکەرو سازشکارو تیرەگەری جێیان تێدا نابێتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمەش بەم واتایە دێت کە دەبێ خەبات بکرێ بۆ ڕزگارکردنی ئەم بزوتنەوەیە لە دەسەڵاتی ئەو تاقمانەو نوێنەرە سیاسییەکانیان و خاوێن کردنەوەی لە سیخوڕو دەستوپێوەندەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دیکتاتۆری و توخمە گومانلێکراوەکان.

بۆ سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد پێویستە هێزەکانی جەماوەری گەلی کوردستان، لەوانە حزب و ڕێکخستنە جیاوازەکان، بە جۆش بهێنرێن و ڕێك بخرێن، ئەویش لەبەر پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵگای کوردستان و بوونی چەندەها ڕەوتی سیاسی و فیکریی جیاواز، بە هۆی ئەمەوە، پێویستە هەوڵی یەکخستنیان لە بەرەیەکی خەباتگێڕانەی یەکگرتوودا بدرێ و دەبێ ئەو بەرەیەش بەشێکی گرنگی بەرەی نیشتمانیی عیراق بێت. لەم سەروبەندەشدا پێویستە بەرەی نیشتمانیی عیراق تەواوی هێزە پێشکەوتنخوازە دیموکراتەکانی گەلی عیراق لە خۆ بگرێ، ئەویش

به مەبەستی ڕێکخستنی خەباتی هەردولا لەپێناوی ڕوخاندنی فاشیزم و هێنانە کایەی حوکمڕانییەکی دیموکراتی ئیئتیلافی کە بتوانێ ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ تەواوی عیراق و ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینەی بەرفراوان بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری دیموکرات و یەکگرتووی عیراقدا دابین بکات. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەو لەسەر بنچینەی باوەڕی تەواو بەو ڕاستییە، هەردولا تێدەکۆشن بۆ:

یەکەم:

أ-مافی کارکردنی حزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازە کوردستانی و عیراقییەکان و تێکۆشانیان لە کوردستانی عیراق و دژایەتی کردنی بیرۆکەی تاك حزبی و خۆسەپاندنی زۆردارەکیی هەر گروپێك.

ب-بەستنەوەی خەباتی گەلی کورد بە خەباتی گەلی عەرەبی برای لە بەرەیەکی تێکۆشەرانەی یەکگرتووداو بەعیراقی کردنی شۆڕشی کورد لە ڕوی ئامانج و سەرکردایەتی و پراکتیکەوە.

پ-بەهێزکردنی برایەتیی تێکۆشەرانەی هەردوو گەلی برای کوردو عەرەب و بەرپەرچدانەوەی بیروباوەڕی شۆڤێنیستی و کۆسمۆپۆلیتی و تەنگبینیی نەتەوەیی.

ت-پشتیوانی کردنی هەردوو نەتەوەی برای کوردو عەرەب لە یەکترو یارمەتیدانی یەکتری لە خەباتدا بۆ وەدی هێنانی ئاواتە نەتەوەییەکانیان و پشتیوانی کردن لە تێکۆشانی نەتەوەی عەرەب لە دژی ئیمپریالیزم و دەستدرێژیی زایۆنیستی و ڕزگارکردنی فەلەستین و زەوییەکانی تری عەرەب و هێنانە کایەی یەکپارچەیی نەتەوەیی لەسەر بنچینەیەکی پێشکەوتنخوازانە. تێکۆشەرانی کورد بەو ئاواتەوەن کە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب پشتیوانییەکی کاراو کاریگەر لە تێکۆشانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسیندا بکەن.

دووەم:

أ-ڕزگارکردنی عیراق لە ڕژێمی دیکتاتۆری فاشیست و کۆلۆنیالیزمی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتننامە سیاسی و ئابورییانەی کە عیراق بە سەرمایەداریی جیهان و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانەوە دەبەستنەوە.

ب-هێنانە کایەی حوکمێکی دیموکراتی ئیئتیلافی کە نوێنەری هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب و کەمینە نەتەوەییەکان و چینە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیران و کاسبکاران و هەموو ڕەنجدەران و حزبە پێشکەوتنخوازەکان بێت و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکرات لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازادو ڕاستەوخۆو مافی گەل لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆی و بەدەست هێنانی دەسەڵاتی نیشتمانیی خۆی و ئازادییە دیموکراتییە ڕاستەقینەکان، بە مافی پێکهێنانی حزب و سەندیکاو کۆمەڵەی جوتیاری و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانەوە بەوپەڕی ئازادییەوەو دەستەبەرکردنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی و بیروباوەڕ.

پ-چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی تری عیراق (گیروگرفتە ئابوری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان) بەپێی بەرنامەی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، بە جەخت کردن لەسەر دەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ کوردستانی عیراق و ڕامالینی ئاسەواری بەعەرەب کردن و ڕاگواستن و گێڕانەوەی هاوولاتییەکان بۆ شوێنی بەرایی نیشتەجێبونی خۆیان.

ت-هەنگاونان بۆ بردنی وڵات بەرەو سۆسیالیزم لە ڕێی دیموکراسیی گەلی و فراوان کردنی سنوری خۆماڵی کردن بە چەشنێك کە بوارەکانی نەوت و سامانی کانزایی و بوارە ئابورییە ژیانییەکانی دیکە بگرێتەوەو کەرتی گشتی بکاتە کەرتێکی باڵادەست

و بۆ ئەوەی وردە وردە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لە ناو ببرێن.

سێیەم- لەسەر ئاستی کوردستان:

أ-تێکۆشان بۆ رزگارکردنی گەلی کورد لە چەوسانەوەی ئیمپریالیستی و زوڵم و زۆری کۆلۆنیالیزمی نوێ و حکومەتە دیکتاتۆرەکان و بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین وەك هەموو گەلانی جیهان.

ب-راوێژ بە یەکتر کردنی حزبە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و یارمەتیدانی یەکتری لەسەر بنەمای رێز لە یەکتری گرتن، دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتری، خۆ نەسەپاندن بەسەر یەکتریداو پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە گومانلێکراوو رێکخراوە راسترەوەکانی کورد.

پ-تێکۆشان لەپێناوی سەرلەبەر یەکخستنەوەی ریزەکانی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات لەسەر بنچینەیەکی پێشکەوتنخوازانەو کوردستانییانەو دیموکراتیزەکردنی رێکخستنەکە.

ت-نابێ پشت بەحکومەتە کۆنەپەرستە داگیرکەرەکانی کوردستان ببەسترێ یان پەیوەندییان لەگەڵدا دابمەزرێنرێ. هەروەها بە هیچ بڕو بیانوویەك نابێ بەرژەوەندییەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەفیڕۆ بدرێن.

چوارەم- لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان:

أ-پێکهێنانی بەرەیەکی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دەستدرێژیی ئیسرائیل و حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە چونکە ئیمپریالیزمی جیهانی، لە پێشی پێشەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکا، دوژمنە سەرسەخت و دڕندەکەی نەتەوەی کوردو تەواوی گەلانی رۆژهەڵاتە.

ب-گێڕانەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بۆ ریزی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی رۆژهەڵات و هاوخەباتی لەگەڵ گەلانی عەرەب و ئێران و تورکیاو گەلانی دی و پشتیوانی کردن لە خەباتی رزگاریخوازی و شۆڕشگێڕانەی رەوایان و پشتگیری کردنی تێکۆشانی نەتەوەی عەرەبی برا لە دژی ئیمپریالیزم و دەستدرێژیی زایۆنیستی لەپێناوی رزگارکردنی خاکی داگیرکراوی عەرەب و سەرخستنی خەبات و شۆڕشە رەواکەی گەلی فەلەستین بۆ رزگارکردنی نیشتمانی خۆی و سودمەندبون لە مافی چارەی خۆنۆوسین و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی سەربەخۆ.

پ-پشتیوانی کردن لە هێزەکانی شۆڕشی جیهانی بە هەر سێ جۆگەکەیەوە- واتە بزوتنەوەکانی رزگاریی نیشتمانیی گەلانی دنیای سێ، دەوڵەتە سۆسیالیستەکان و بزاڤە پێشکەوتنخوازەکانی چینی کرێکاری جیهانی سەرمایەدار- بەو پێیەی کە ئەو هێزانە (لە ڕوی بابەتی و ستراتیجییەوە) بە هاوپەیمانی راستەقینەی گەلی کورد دەژمێردرێن.

پێنجەم:

أ-فـــراوان کـردنـی چـوارچـێـوەی هـاوکـاریـی نیشتمانی بە رەخساندنی دەرفەت بۆ هەموو حزب و هێزە کوردستانییەکان و ئەو گروپە عیراقییە پێشکەوتنخوازانەی کە لقیان لە کوردستانی عیراقدا هەیە، بۆ ئەوەی بۆیان بلوێ بچن بۆ کوردستان.

ب-نابێ پەیوەندی بە حکومەتی عیراقەوە بکرێ یان وتوویژی لەگەڵ بکرێ، مەگەر هەموو لایەنەکان پێکەوە بڕیار لەم بارەیەوە بدەن و ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی عیراقیش پێی رەزامەند بێت، بەڵکو دەبێ درێژە بە خەبات بدرێ، حکومەتی عیراق بڕوخێنرێ و دروشمی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق بەدەست بهێنرێ.

پ-ڕامـاڵـیـنـی تـیـرەگـەری و ناوچەگەریێتیی تەنگبین و سەرزەنشت کردنی بیرکردنەوەی خێڵەکییانەو ڕاسترەوانە لە بواری کاری نیشتمانیدا.

ت-پێویستە لایەنە بەشدارەکانی ئەم پەیمانەی هاوکاریی نیشتمانی بە شێوەیەکی برایانە یارمەتیی یەکتری بدەن.

شەشەم:

بۆ هێنانە کایەی کەشێکی ئاسایی بۆ دایەلۆگێکی نیشتمانیی بنیاتنەرو دواتر ڕێککەوتنی تەواو لەسەر ئەم پەیمانەو پەسندکردنی لە لایەن گروپە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانەوەو بۆ پتەوکردنی هاوخەباتیی کوردو عەرەب لە عیراق و بەعیراقی کردنی شۆڕشی کورد، هەردولا بە ئەرکی خۆیان دەزانن کە دەستبەجێ کار بۆ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بکەن:

أ-کۆتایی هێنان، بە شێوەیەکی یەکجارەکی و خێرا، بە تۆقاندن و گرتن و دژایەتی کردنی ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئازادکردنی ئەندامە دەستگیرکراوەکانی یەکێتی و پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی لێکۆڵینەوە بۆ دەستنیشان کردنی ئەو کەسانەی کەدەستیان لە کوشتنی ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەیەو سزادانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە سۆنگەی ئەو تاوانانەوە.

ب-دەرکردنی فەرمانی توندوتۆڵ و لێبڕاوانە بۆ لایەنگرانی هەردولا لە کوردستان بۆ هاوکاری کردنی یەکتری و کـاری هـاوبـەش لە گۆڕەپانی خەباتی چەکداردا.

پ-کۆتایی هێنان بە شەڕە قسەو شەڕی ڕاگەیاندن و شاڵاوەکانی جنێودان بە یەکتری و دەم لێك گیربوون و سوکایەتی کردن بە یەکتری. پاشان دەستپێکردنی گفتوگۆ سەبارەت بە کەیسە نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراتییەکان بە شێوەیەکی بابەتییانە و زانستییانەو پەیڕەوکردنی شێوازەکانی رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن و ڕونکردنەوەی ڕاستییەکان بە گیانی پەرۆشی بۆ هاوکاریی نیشتمانی و پاراستنی یەکڕیزیی نیشتمانیی کورد دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دیکتاتۆریای فاشیستی و دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستانی کورد.

ت-پێشکەش کردنی پڕۆژەی پەیمانی هاوکاریی نیشتمانی بە سەرکردایەتیی هـەردولاو کارکردن بۆ پەسندکردنی و بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و گروپە پێشکەوتنخوازە کوردستانییەکان.

١٩٧٦/١٠/٣٠

## پەیمانی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان

پەیمانێکە ساڵی **١٩٩٣** لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتـان و حزبی سۆسیالیستی کوردسـتـان بۆ یەکخستنەوەی هەردوو حزب لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان واژۆ کراوە.

پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە **١٩**ی ئـایـاری **١٩٩٢**، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشنیاری بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان کرد کە هەردوکیان بە یەك لیست بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن. بەڵام حزبی سۆسیالیست پێشنیازەکەی پەسند نەکرد. دواتـر حزبی سۆسیالیست لەگەڵ پاسۆك لیستێکی بە نـاوی لیستی یەکگرتن پێك هێناو هەردوکیان بە یەك لیست بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کرد. ئەنجامی هەڵبژاردن بۆ حزبی سۆسیالیست ئەنجامێکی ئومێدبڕ بوو. لیستەکە بەربەستی ٧٪ی تێنەپەڕاند، نزیکەی **٢٥** هەزار دەنگی بەدەستهێنا کە دەیکردە **٢,٦**٪ی دەنگەکان.

هەرچەند لە هـەڵـبـژاردندا هاوپەیمانی لەگەڵ

پاسۆك ئامانجی خوازراوی بە دەست نەهێنا، بەڵام سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیست درێژەی بە هاوپەیمانییەکە دا بەو ئومێدەی کە هەردوو حزب یەك بگرنەوەو حزبێکی تازە پێك بێنن. بۆیە لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە تا وردەکاریی یەکگرتنەکە بەلایەکدا دەخەن، سەرکردایەتییەکی هاوبەشیان هەبێ.

حزب بڕیاریدا کۆنگرەی دووەم ببەستێ. لە کۆبونەوەی سەرکردایەتیدا مەسەلەی بەستنی کۆنگرە تاوتوێ کراو رۆژی ٩ی تەموز بۆ بەستنی کۆنگرە دەستنیشان کرا. بەڵام کۆنگرەکە نەبەسترا چونکە ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دژی بەستنی کۆنگرە وەستانەوەو پێشنیاریان کرد لەبری کۆنگرە پلینۆم ببەسترێ. بۆ پاراستنی یەکڕیزیی حزب، رەسول مامەند پێشنیارەکەی پەسند کردو رەزامەندیی لەسەر بەستنی پلینۆم پیشاندا. لە ٩ی تەموزدا پلینۆم لە هۆڵی ئوتێلی ئەبو سەنا لە سلێمانی بەستراو چەردەیەك بابەتی گرنگی تێدا وروژێنرا بەڵام بڕیارەکان یەکلاکەرەوە نەبون.

لەو ماوەیەدا پڕۆژەی یەکگرتنەوە لەگەڵ پاسۆك هیچ هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نەنا، بگرە بەپێچەوانەوە پوکایەوەو دەست کرا بە بانگەشە بۆ یەکگرتنێکی سێقۆڵی لە نێوان حزبی سۆسیالیست و پاسۆك و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان. هەرچەند رەسول مامەند سکرتێری گشتیی حزبی سۆسیالیست زۆر متمانەی بە سەرکەوتنی پڕۆژەکە نەبوو، بەڵام دژی نەوەستایەوە.

لە ٢٠ی ئابدا کۆنگرەی هەر سێ حزب بۆ یەکگرتنەوەو پێکهێنانی حزبێك بە ناوی حزبی یەکگرتن، لە هەولێر بەسترا. بەڵام لە کاتی بەڕێوەچونی کۆنگرەدا گومان و دڕدۆنگی لە ئامانجەکەی کۆنگرەکە پەیدا بوو و هەندێ لە لایەنە بەشدارەکان هەڵسوکەوتی نابەرپرسانەیان نواند. لە ئەنجامدا رەسول مامەند و ژمارەیەك لە ئەندامانی سەکردایەتیی حزبی سۆسیالیست لەوانە محەمەد شاکەلی، شیروان شیرەوەندی و ژمارەیەکی زۆری کادیرەکان هۆڵی کۆنگرەیان بەجێ هێشت.

پاش دەرچون لە پڕۆژەی یەکگرتنی سێقۆڵی، حزبی سۆسیالیست کەناڵی پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ تاڵەبانی و سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردەوەو بابەتی یەکگرتنەوەی هەردوو حزبی هێنایە بەر باس و گفتوگۆ. هەوڵە بەراییە ناڕاگەیەنراوەکان هەنگاوی خێراو ئومێدبەخشیان بۆ پێشەوە هەڵهێنا. لە تشرینی یەکەمدا مەسەلەکە هەنگاوێکی تر بۆ پێشەوە چوو و هەردولا بڕیاریان دا دوو کۆمیتە بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆسەی دانوستان پێك بێنن. لەم سەروبەندەدا رەسول مامەند کۆمیتەیەکی بە سەرۆکایەتیی محەمەد شاکەلی و ئەندامەتیی شیروان شیرەوەندی و بەهرۆز گەلاڵی بۆ نوێنەرایەتی کردنی حزبی سۆسیالیست لە دانوستانەکانی یەکگرتنەوەدا پێکهێنا. لە بەرامبەردا، تاڵەبانی کۆمیتەیەکی بۆ دانوستان بە سەرۆکایەتیی جەبار فەرمان و ئەندامەتیی مستەفا سەید قادر و چەتۆ حەوێزی پێکهێنا. هەردوو کۆمیتە بە شێوەیەکی زۆر چڕ دەستیان بە کارەکەیان کرد.

کۆبونەوەی یەکەمی کۆمیتەکانی دانوستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر بەسترا. ئەم کۆبونەوەیە رێی بۆ لێك تێگەیشتنێکی رونترو لێك نزیکبونەوەیەکی زۆرتر خۆش کرد.لە کۆبونەوەی دووەمدا کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا بەسترا، پڕۆژەی پەیمانی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان ئامادە کراو نوێنەرانی هەردولا پەسندیان کرد، بەڵام دەبوایە دیکۆمێنتەکە ببەنەوە بۆ سەرکردایەتیی خۆیان و رەزامەندیی لەسەر بەدەست بێنن.

لە سێیەم کۆبونەوەدا هەردوو شاند سەبارەت بەو پۆستە سەرکردەییانەی کە بە حزبی سۆسیالیست دەدرێن، گەیشتن بە سازان و بڕیار درا یەك پۆستی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و دوو پۆستی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و یەك پۆستی ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی بە حزبی سۆسیالیست بدرێن. هەروەها بڕیار درا میکانیزمێك بۆ جێ کردنەوەی کادیرەکانی حزبی سۆسیالیست لە ناو پێکهاتەی دام و دەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانی دابندرێ و پلە و پایەی شیاویان پێ بدرێ. لەو ماوەیەدا شاندی حزبی سۆسیالیست سەرباری کۆبونەوەکانی لەگەڵ شاندە فەرمییەکەی یەکێتیی نیشتمانی، چەند جارێکیش لەگەڵ تاڵەبانی کۆ بۆوە. لە بەشێکی کۆبونەوەکانی نێوان هەردوو شاندا حازم یوسفی لە لایەن یەکێتیی نیشتمانییەوە و ڕێبوار عەبدولڕەحمان لە لایەن حزبی سۆسیالیستەوە بەشدار بون.

پاش تەواوبونی پێداویستییەکانی یەکگرتنەوە، هەردولا بڕیاریان دا ڕەزامەندیی کادیرەکانیان لەسەر پرسی یەکگرتنەوە وەرگرن. حزبی سۆسیالیست بڕیاریدا لە کۆنگرە ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە، یەکێتیی نیشتمانیش بڕیاری بەستنی پلینۆمی دا.

لە ٤ی تشرینی دووەمدا حزبی سۆسیالیست کۆنگرەی دووەمی لە ڕانیە بەست و تێیدا نەخشە ڕێگایەکی تازەی بۆ ئایندە داڕشت. ڕەسول مامەند لە ڕاپۆرتی گشتیی کۆنگرەدا لە گێڕانەوەیەکی تێرو تەسەلدا تیشکی خستە سەر وێستگە گرنگەکانی مێژوی حزب و جەختی کردە سەر ڕۆڵی کارای بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە «ڕاگەیاندنی شۆڕشە نوێکەمان» لە سنوری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر و لەم سەروبەندەدا ئاماژەی بە پەیوەندیی مێژویی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردو وتی «هەمیشە شانازی بەو سەروەرییە هاوبەشانەمان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین و حەز دەکەین گەشەیان پێ بدەین». ڕاپۆرتەکە بە بایەخێکی زۆرەوە باسی بابەتی یەکگرتنی کردو تێیدا هاتبوو کە «لەم کاتە ناسکەدا مەسەلەی یەکبون و یەکگرتن لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستترە، بەڵام ئەویش پێداویستی و هەلومەرجی مەعنەوی و ماددیی هەیە». لەم ڕووەوە ڕاپۆرتەکە چووە سەر هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکانی پێشوی یەکگرتن، بە ئاماژەکردن بۆ بایەخی ئەم پرسە لە میتۆدی بیرکردنەوەی حزبدا و لەم سەروبەندەدا ڕاپۆرتەکە جەختی کردە سەر ئەوەی کە حزبی سۆسیالیست «ئیهتیمامێکی تایبەتی بە مەسەلەی یەکگرتن داوە». ڕاپۆرتەکە تاقیکردنەوەی یەکگرتنە سێقۆڵییەکەی دایە بەر تانەو تەشەرو وای نیشاندا کە هەوڵەکە لە «موزاهەرەیەکی سیاسی» بەولاوە هیچی تر نەبوەو لە ناو کۆنگرە کار بۆ ساختەکاریی هەڵبژاردن و گۆڕینی ئەنجامەکان کراوە.

کۆنگرەی حزبی سۆسیالیست ئامانجەکانی بەدەستهێناو بە کۆی دەنگ پشتگیریی پڕۆژەی یەکگرتنەوەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد. لە دوایین وێستگەدا کۆنگرە ڕەسول مامەندی بە سکرتێری گشتی و محەمەد شاکەلی و شیروان شێرەوەندیی بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژاردەوە، دواتر بە دەنگدانی نهێنی سەرکردایەتییەکی تازە هەڵبژێردرا. حزب لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا جەختی کردە سەر ئەوەی کە حزبی سۆسیالیست لە داهاتوشدا «ئاڵا هەڵگری زیاتر لێك نزیکبونەوەو تەبایی و یەکگرتن دەبێت لەسەر بناغەی ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕی سۆسیالیزم و دیموکراسی».

لە ٦ی کانونی یەکەمدا تاڵەبانی بانگەوازێکی بۆ یەکگرتنەوەی حزبە سۆسیالیست و چەپ و

پێشکەوتنخوازەکان بە شێوەی وتارێك بە ناونیشانی «لەپێناوی گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا» لە رۆژنامەی کوردستانی نویێ بڵاوکردەوەو بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییە کرد کە دەشێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان «بکەینە مەڵبەندی کۆکەرەوەی خەباتگێڕە شۆڕشگێڕو دیموکرات و چەپ و پێشکەوتنخوازو سۆسیالیستەکانی کوردستان بەگشتی و هەموو ئەوانەی پێشتر لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خەباتیان کردووە بەتایبەتی و هەمویان لە ژێر ئاڵاکەی و لە ناو ریزەکانیدا کۆ بکەینەوەو رێك بخەین و هێزو توانایان بۆ بەدی هێنانی ئامانجە نیشتمانی و چینایەتییەکانیان ساز بدەین». تاڵەبانی لە وتارەکەیدا ئەوەی بە بەڵگەی پێویستیی یەکگرتنی چەپەکان هێنایەوە کە بونی چەپەکان «لە نێو هێندێ رێکخراوی بچوك و دابەشبونیان بەسەر هەندێ لایەنی لاوەکیدا یان بەسەر چەند تاقم و گروپی چکۆلەدا لە زیان گەیاندن بە دەوری مێژوویی دیموکراتە پێشکەوتنخوازەکان و چەپ و سۆسیالیستەکان بەولاوە چی دیکەی تێدا بەستە نیەو نابێت. بۆیە لەم روەوە هەر دەبێ هەموو دیموکراتە پێشکەوتنخوازەکان و چەپە هۆشیارەکان و سۆسیالیستە راستەقینەکان (بە جیاوازیی فێرگەکانیانەوە) هەر جێگای خۆیان لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەنەوە».

پاشان لە پەیامێکی رون و راشکاوانەدا کە تێیدا هەوڵ درا بوو وشە بەکارهێنراوەکان ماناکان زۆر بە وردی بگەیەنن و زۆر بە رونی مەبەستەکە بپێکن، تاڵەبانی وتی« رۆژی ئەوە هاتووە کە ئەوانەی لە سەرەتاوە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بون و پاشان لەبەر هۆی جۆراوجۆر یان بە بیانوی جیاجیا لێی دور کەوتنەوە یان جودا بونەوە، بیر لە یەکگرتنەوە بکەنەوە لە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە پێش هەموان ئەوانەی کە ئاڵای شۆڕش و حزبی زەحمەتکێشان و حزبی سۆسیالیستیان پێکهێناوە، یان لە هەندێ کۆمەڵی بچوکدا خۆیان گرتۆتەوە، بەتایبەتی کە هەموو ئەوانە لە سەرەتادا، لە دەستپێکی پێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە، شەرەفی پێکەوە خەبات کردنیان هەبوەو پێکەوە چەندین سەروەریی هاوبەشمان تۆمار کردووەو سەدان شەهیدی هاوبەشمان پێکەوە فیدای گەل و نیشتمان کردووە».

لە وەڵامی وتارەکەی تاڵەبانیدا، رەسول مامەند سکرتێری گشتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، وتارێکی هاوسەنگی لە رۆژنامەی « کوردستانی نوێ» بڵاوکردەوە، تێیدا وتی کە حزبی سۆسیالیست مەسەلەی یەکگرتنەوەی «وەك پرۆسەیەکی مێژویی چارەنوسساز لە بەردەم ئەم قۆناغەی تێکۆشان داناوە» و لەم روەوە پشتیوانیی حزبەکەی لە وتوویژو لێدوان لەم بارەیەوە دەربڕی و ئەوەشی رون کردەوە کە راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی دووەمی حزب وەك «مەسەلەیەکی گرنگ» جەختی کردۆتە سەر یەکگرتنەوە. وتارەکە بە شێوەیەکی راشکاوانە رونی کردەوە کە «یەکگرتنی سۆسیالیست و چەپەکان و دیموکراسیخوازە شۆڕشگێڕەکان ئەرکی بە پەلەی ئەمڕۆمانە بۆ رەخساندنی هەلومەرجی لەبارتر، چونکە ئەو راستییە دەمێکە سەلمێنراوە کە سۆسیالیست و چەپەکان داینەمۆی هەموو جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەن». وتارەکە بە بێ ئەملاو ئەولا بەم رستە رونە رای حزبی سۆسیالیستی چڕ کردەوە کە «ئێمە لەگەڵ هەموو مونازەرەو گفتوگۆیەکین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی یەکگرتن و جۆشدانی خەباتی گەلەکەمان و یەکگرتنەوەی هەموو روبارەکان، یەکگرتنەوەی سۆسیالیست و چەپ و دیموکراتەکان».

پاش بڵاوکردنەوەی ئەم دوو وتارە، کەش و هەوایەکی گونجاوتر بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەی

یەکگرتن هاتە ئاراوە.

لە کانونی دووەمی ١٩٩٣دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پلینۆمی دووەمی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر بەست کە بەتایبەت بۆ بڕیاردان لەسەر پرسی وەرگرتنی حزبی سۆسیالیست تەرخان کرابوو. تاڵەبانی وردەکاریی یەکگرتنەوەکەی بۆ ئامادەبووانی پلینۆم باس کردو رایگەیاند کە رەسول مامەند پۆستی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پێ دەدرێ و هەر یەك لە محەمەد شاکەلی و شیروان شیرەوەندی دەبنە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و بەهرۆز گەلاڵی دەکرێتە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی. لە سەرجەمی ٤٥٠ کادیری پێشکەوتوو، تەنها ٣ کادیر دژی یەکگرتنەوەکە بون.

پاش پلینۆم، شاندی هەردولا بۆ دوایین جار بۆ تاوتوێ کردنی دوا وردەکاریی پرۆسەی یەکگرتنەوە لە هەولێر کۆ بونەوە. شاندی یەکێتیی نیشتمانیی لە تاڵەبانی، کۆسرەت رەسول عەلی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، جەبار فەرمان و عومەر فەتاح و شاندی حزبی سۆسیالیست لە رەسول مامەند، موحسین بایزو بەهرۆز گەلاڵی پێك هاتبون. لەو کۆبونەوەیە بڕیار درا لە ١٠ی شوباتدا یەکگرتنی هەردولا رابگەیەنرێ و پەیمانی یەکگرتنەوە واژۆ بکرێ.

لە ١٠ی شوباتدا پەیمانی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیست واژۆ کراو یەکگرتنەوەی هەردولا بە شێوەیەکی فەرمی راگەیەنرا. لە رێ و رەسمی یەکگرتنەوەکەدا تاڵەبانی لە وتارێکدا بە بۆنەی یەکگرتنەوەکەوە وتی «ئەمرۆ رۆژێکی زۆر مێژوویی و زۆر گرنگە لە مێژوی خەباتی رزگاری و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و لە مێژوی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی» و لەم سەروبەندەدا رۆژەکەی بە «رۆژی یەکگرتنەوەی هەڤاڵە دێرینەکان» ناوبردو سەرنجی بەلای ئەوەدا راکێشا کە یەکگرتنەوەکە «سەرپێیی نیە» بەڵکو «بەری ویست و ئارەزوی هەموو تێکۆشەرانی رێگای رزگاری و دیموکراسیی خەڵکی کوردستانە» و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە« لەو یەکگرتنەوەیەدا هیچ گیروگرفتێکی ئەوتۆمان نەهاتە رێ» و ئەمەی بە مایەی شانازی دایە قەڵەم. هەروەها وتی «زۆر جێی دڵخۆشییە کە ئێمە لەگەڵ ئەم جۆرە هەڤاڵ و تێکۆشەرە نەبەزانەی خۆمان جارێکی تر یەکدەگرینەوە» و هیوای خواست کە« ئەم یەکێتییەمان یەکێتییەکی پتەوو توندوتۆڵ و قایم بێت کە ببێتە بناغە بۆ یەکبونەوەی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازیدا تر کە جاران لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بون».

هەروەها رەسول مامەند لە رێ و رەسمەکەدا روداوی یەکگرتنەوەکەی بە «گرنگ» ناو بردو هیوای خواست ئەم روداوە «وەرچەرخانەوەیەکی گرنگ لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و سەرجەم خەباتی نەتەوەکەمان بەدی بێنێت» و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە یەکگرتنەوەکە «رەگ و ریشەی مێژویی هەیە« و لەسەر بنچینەی «بیروباوەڕ» و «هەست کردن بە لێپرسراوەتی» هاتۆتە دی.

یەکگرتنەوە لەگەڵ حزبی سۆسیالیست رێی بۆ یەکگرتنەوەیەکی تر لەگەڵ بەشێکی کادیرەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان خۆش کرد کە هەر ئەو ساڵە بە ناوی باڵی «پەیڕەوی یەکگرتن» لە حزبی زەحمەتکێشان جیا بونەوەو پەیوەندییان بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو دیارترین سەرکردەکانی ئەو باڵە مەلا بەختیار، سالار عەزیز، عیماد ئەحمەد و ئەبوبەکر خۆشناو بوون.

بابەتی پەیوەندیدار:

*بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

*پلینیۆمی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## پاشکۆی ژمارە ١
## دەقی پەیمانی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان

لە ئەنجامی کارەساتی ١٩٧٥ دا جەماوەری کوردستان کەوتنە بەر مەترسیی لە ناوچون و توانەوە لە لایەن رژێمی فاشییەوە. گەلەکەمان دڕندانەترین و نامرۆڤانەترین ڕەفتاری دەرهەق دەکرا، هەر لە ڕاگویزانەوە بگرە تا تەعریب و تەبعیس و گۆڕینی سیمای کوردەواریی کوردستان.

لەو سەردەمەدا کە بێدەنگی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا بوو تروسکەی ئومێدێك بەدی نەدەکرا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هەردوو باڵەکەیەوە، بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، وەك وەڵامدانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی سەردەمی شکست، بە بیرو بۆچونی تازەو بە نەفەس و کەرەستەی تازەوە مەشخەڵی شۆڕشیان گڕ دایەوەو واقیعی شکستیان لە گۆڕ ناو ڕێگای داهاتویان بۆ خەباتی کوردایەتیی پێشکەوتنخواز هەموار کردەوە. تا ئەمڕۆش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان شانازی بەم دەستپێشخەرییە شۆڕشگێڕانەیەو بەم سەروەرییە مەزنەوە دەکەن.

هەر لەم ڕێبازە پیرۆزەدا هەردولا چەندین سەرکردەی سەرکردایەتیی هاوبەشیان لە گۆڕەپانی خەباتدا کردۆتە قۆچی قوربانیی ڕەنگڕشتنی ئەم ڕێبازە تازەیە لەوانە شەهید سەیدا ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، خالید سەعید، سەعدی عەزیز، حسێن بابە شێخ، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی و چەندین شەهیدی تر.

سەروەرییەکی دیکەی هاوبەشی هەردولا ئەوەیە کە لە هەلومەرجێکی سەختی خەباتدا، نەك هەر بەرگرییان لە گەل و نیشتمان کردووە، بەڵکو ڕۆڵێکی بەرچاویشیان لە بڵاوکردنەوەی بیری شۆڕشگێڕی و سۆسیالیستیی پێشکەوتنخوازیدا گێڕاوە. دوای تۆمارکردنی ئەم سەروەرییە هاوبەشانە، لە ساڵی ١٩٧٩دا لەبەر هەندێ هۆ کە پەیوەندییان بە میکانیزمی ناوەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەبوە، حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا بۆوەو وەك حزبێکی سەربەخۆ درێژەی بە خەبات دا.

مەخابن لەو سەردەمەدا لە نێوان هەردولا شەڕی براکوژی ڕویداو بەمەش زیانێکی زۆر بەر خەباتی کوردایەتی کەوت. هەر بۆیەش هەردولا کەوتنە دانوستان و گفتوگۆ بۆ یەکگرتنەوەو یەکخستنەوەی هەردولا. لە ساڵی ١٩٨٦، وە حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە بڕوایەکی کوردانەوە پێشوازیی لەو بانگەوازە کرد کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئاشتبونەوەی سەرتاسەری گۆڕەپانی کوردایەتی جاڕی دابوو و هەر ئەو ئاشتبونەوەیەشە کە بووە هەوێنی ئاشتبونەوەیەکی گشتی و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی عیراق کە بێگومان ڕۆڵی بەرەش لە ڕێبەرایەتی کردنی ڕوداوەکانی پێش ڕاپەڕین و سەردەمی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین دیارو جێی ڕێزلێنانە.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا هەر یەکە بە جیاو لە خەباتی ناوکۆیی هەموو بەرەی کوردستانیدا، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و هێنانە کایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا هەبوە.

ئەمڕۆش، دوای گۆڕانە بەفراوان و هەمەلایەنەکانی دنیاو کوردستان و دوای دەرکەوتنی ئەوەی کە ژیانی دیموکراتییانە ئەمڕۆ لەسەر ئاستی دنیاو کۆمەڵگاو

بگرە لەسەر ئاستی یەك حزبیش سیمای شارستانییە، فاکتەری بەرەو پێش چونی دیموکراسییەکەی کوردستان یەکگرتن و یەکبون بە پێویستییەکی گرنگ و تەنانەت چارەنوسساز دەزانیێ، بەتایبەتی دوای ئەزمونە پڕ سەروەرییەکانی راپەڕین و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بۆیە هەردولا بە رەچاوکردنی گۆڕانکارییەکان و پێداویستییەکانی بەرەو پێشەوە بردنی رەوتی شۆڕشی رزگاریخوازی گەلەکەمان، لە دوای چەندین کۆبونەوەو دانوستان، لەسەر ئەو قەناعەتە رێك کەوتن کە دەبێ ئەو هێزە شۆڕشگێڕانەی لە دەستپێکی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا شەرەف و سەروەریی هاوبەشی هەلگیرساندنەوەی شۆڕش و ئەرکە قورسەکانی ئەو قۆناغەیان پێ براوە، جارێکی دیکە بۆ پاراستنی شۆڕش و دەستکەوتەکانی جەماوەر، بۆ چارەسەرکردنی بەپەلەی کێشەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و بۆ سەرلەنوێ ریز بەستنەوەی هێزە سیاسی و کۆمەلایەتی و سۆسیالیست و چەپ و دیموکراسیخوازەکان، هەردولا، واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە لە چوارچێوەیەکی دیموکراتیی هاوچەرخداو لەسەر بنەمای هاوفیکری و هاوئایدیۆلۆژیا یەك بگرنەوە. بەمجۆرە، هەردولا لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە رێکخراوێکی سۆسیال دیموکراتی کوردستانییە، یەك دەگرنەوەو هەردولا لەسەر ئەم پەیمانە هاوبەشە رێککەوتون، ئەویش بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

یەکەم: مافی چارەی خونوسین بۆ گەلی کوردستان و دابین کردنی دادپەروەریی کۆمەلایەتی.

دووەم: چەسپاندن و بەرەو پێشەوە بردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سێهەم: پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا.

چوارەم: دیموکراتیزەکردنی هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیانی کوردەواری.

پێنجەم: بەرپاکردنی ئاشتییەکی سەقامگیر کە لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستاندا کۆك و گونجاو بێت.

شەشەم: سەرلەنوێ ئاوەدان کردنەوەو بوژاندنەوەی ژیانی ئاوەدانی، ئابوری و کۆمەلایەتیی خەڵکی کوردستان.

هەر بەم بۆنەیەوە هەموو لایەنە سۆسیالیست و چەپ و دیموکراسیخوازەکانی کوردستان بانگهێشت دەکەین تا لەم دەستپێشخەرییە پڕ لێپرساوەتییە بێنە پێش و بۆ قولتر کردنەوەی رەوتی یەکگرتنەوەکە بکەوینە گفتوگۆو دانوستاندن و گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی کوردستان لەم پەرش و بلاوییە رزگار بکەین و با ئەم یەکگرتنە مەزنە ببێتە هاندەری یەکگرتنی بەرفراوانتر.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین سەری رێز بۆ شەهیدانی کوردستان دابنەوێنین و مژدەی ئەوەیان بدەینێ کە خوێنیان بەفیرۆ نەچووە و هەڤالانیان رۆژ دوای رۆژ ئەو سەنگەرانە قایمتر و مکومتر دەکەن کە بە خوێنی ئەوان رەنگین بون.

پیرۆزبایی ئەم یەکگرتنە لە هەموو کادیرو ئەندام و لایەنگرو دۆستانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین و هیوادارین ئەم کارە شۆڕشگێڕانەو کوردانەیە هاندەرێکی بەگوڕ بێ بۆ زیاتر تێکۆشان و خەبات لەپێناوی وەدەیهێنانی ئامانجەکانی گەلدا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
حزبی سۆسیالیستی کوردستان
١٩٩٣/٢/١٠

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (١٩٩٣/٢/١١)

## پاشکۆی ژمارە ٢
## سەروتاری «کوردستانی نوێ» بە بۆنەی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە

یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستاندا گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەم دوو لایەنە خاوەنی سەروەریی هاوبەشن، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە ئەمڕۆ گۆڕەپانی کوردایەتی کە دەمێکە گرفتاری پارچە پارچەیی بووە، پێویستی بەوە هەیە کە هەموو ئەو لایەنانەی لە روی فیکری و سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە لێك نزیکن یەك بگرنەوەو ماڵئاوایی لە سەردەمی پارچە پارچەیی بکەن کە رەنگدانەوەی هەلومەرجی بابەتی و خۆیی سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراوی خەباتەکەمان بووە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەمێکە هەستی بەو راستییە کردووە کە پێویستە هێزەکانی کوردایەتی لە پرۆسەیەکی لێك نزیکبونەوەو یەکگرتندا بەرەو ئەوە بچن کە لێك دابڕانی هێزەکان کۆتایی پێ بێنن. هەر بۆیەشە لە یەکەمین کۆنگرەی گشتیی خۆیدا دروشمی ئەم یەکگرتن و یەکگرتنەوەیەی هەڵگرت و لە پاڵ سەرقاڵبونی بە دەیان کێشەو مەسەلەی جیددیترەوە کاری بێ بڕانەوەشی بۆ بەدیهێنانی ئەم دروشمە کردووەو لە ئاستە جیاجیاکاندا خەباتێکی دڵسۆزانەی بەڕێوە بردووە کە خۆشبەختانە یەکەمین بەرهەمی ئەم خەباتە، یەکگرتنەوە بوو لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە بێگومان نەك تەنیا لە ئاستی خودی یەکێتیدا، بەڵکو لە ئاستی بزوتنەوەکەشماندا تەوژمێکی تازە بە بزوتنەوە ڕەواکەمان دەبەخشێ و دڵنیاییەکی زۆریش دەخاتە دڵ و دەرونی جەماوەرەوە، چونکە دەبێتە دەستپێکی قۆناغێکی تازەی خەباتی حزبایەتیی گەلەکەمان کە قۆناغی کۆکردنەوەو یەکخستن و ئاراستەکردنی زۆربەی تواناکانە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین جارێکی دیکەش ئەو بانگەوازە جاڕ بدەینەوە کە هەڤاڵ مام جەلال بۆ یەکگرتنی سۆسیالیست و دیموکراسیخوازو چەپەکان بڵاوی کردەوەو ئەوە رابگەیەنین کە مەودای بانگەوازەکە بەوە کۆتایی نەهاتووەو نابێ، بەڵکو مەودایەکی جەماوەریی یەکجار فراوانی هەیەو دەکرێ ئەم یەکگرتنەوەیە تەنیا بە سەرمەشقێکی پتەوو گرنگ وەربگیرێ و لە بواری یەکخستنی هێزەکانی کوردایەتیدا ببێتە روانگەیەکی گونجاو بۆ وەدی هێنانی دەستکەوتی مەزنتر.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (١٩٩٣/٢/١٢).

## پەیوەندیی ئینتەرناسیۆنالیستی (پرنسیپ)

چەمکێکی باوە لە ئەدەبیاتی سیاسیی سۆسیالیستیدا کە گوزارشت لە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هێزە پێشکەوتنخوازەکان دەکات. ئینتەرناسیۆنالیزم کرۆکی چەمکەکە پێکدێنێ. لە روی مێژووییەوە، ئینتەرناسیۆنالیزم دەستپێکێکی لیبرالییانەی هەیە و لە بەراییدا بەشێکی جیانەکراوەی بیری سیاسیی لیبرالیزم بووە بەو چەشنەی کە ریچارد کۆبدن و جۆن برایت، لایەنگرانی بازرگانیی ئازادو هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی بەربەست کردنی بازرگانیی نێوان دەوڵەتان و لابردنی گومرگ، لە سەدەی نۆزدەهەمدا گوزارشتیان لێ کردووە. هەروەها پێشتریش ئابوریناسی سکۆتلاندی و دامەزرێنەری

ئابوریناسیی کلاسیکی، ئادەم سمیس، لە سەدەی حەڤدەهەم لە دوتوێی کتێبی «سامانی گەلان» دا هەمان ئەو بیرو بۆچونانەی دەربڕیوە.

بەڵام سۆسیالیستە رادیکالەکان بەرپەرچی ئینتەرناسیۆنالیزمی لیبرالیان دایەوەو تێڕوانینێکی جیاوازیان هێنایە ئاراوە. لە تیۆریی سیاسیی سۆسیالیستیدا ئینتەرناسیۆنالیزم توخمێکی گرنگ پێکدێنێ و کار بۆ یەکگرتنی کرێکاران و رەنجدەران و تێپەڕاندنی ناسیۆنالیزم دەکا. چەمکی ئینتەرناسیۆنالیزم بە هاوکاری و هاوبەستەگیی جیهانییەوە بەستراوەتەوەو لەم دیدگایەوە بە برایەتی و ئاشتییەوە گرێ دراوە. لە «مانیفێستی کۆمۆنیست»دا کارل مارکس و فریدریك ئەنگلس بانگەشەیان بۆ بیرۆکەی ئاشتی کردو وای بۆ چون کە ئاشتی تەنها بە رماندنی کێبڕکێی ئابوری و رامالینی جیاوازییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگا دێتە دی. هەروەها ڤلادیمێر ئیلیچ لینین، رابەری کۆمۆنیستی گەورەی روس، لە نوسینەکانیدا پەیوەندییەکی لەپچڕان نەهاتوی لە نێوان نەهێشتنی جەنگ و تواندنەوەی چینەکان دروست کردووە.

ئینتەرناسیۆنالیزم بە چەمکە سۆسیالیستییەکەی پشتیوانی لە هاوخەباتی و برایەتی دەکاو دژی ئیمپریالیزم و چینە کۆنەپەرستەکانە. هەرچەند ئەم چەمکە وەك بیرۆکەیەکی تیۆریکی خۆی نواندووە، بەڵام بنەمایەکی بە هێزی هەیەو وەك بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێش و دڵرفێن خۆی دەربڕیوە.

چەمکی تازەی ئینتەرناسیۆنالیزم بە شێوەی جیاواز گوزارشتی لە خۆی کردووە، لەوانە فرە کەلتوری، رێزگرتن لە کەلتورە جیاوازەکان، بەدیهێنانی ئاشتی و هێنانە دیی هاووڵاتیی جیهانی.

چەمکی ئینتەرناسیۆنالیزم و پەیوەندیی ئینتەرناسیۆنالیستی هەر لە سەرەتاوە لە ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بیرۆکەیەکی نامۆ نەبوە. پێشتریش، لە ناو کۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستاندا هەبوە. هەروەها بیرۆکەکە لە ناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیش بەدی دەکرێ، هەروەك لە ناو یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیش چەسپا بوو.

بەڵام بابەتەکە لە گۆشە نیگای پەیوەندیی ئینتەرناسیۆنالیستییەوە، لە سەردەمی خەباتی چەکداردا بە گەرم و گوڕی لە ئارادا نەبووە. چەمکی پەیوەندیی ئینتەرناسیۆنالیستی لە دیدگای حزبە کۆمۆنیستەکانەوە بە مانای دامەزراندنی پەیوەندیی هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ یەکتریدا هاتووە، هەروەك شێوەی دیکەی دەربڕینیشی هەبووە، لەوانە دانانی بلۆکی سۆسیالیست (بە سەرکردایەتیی یەکێتیی سۆڤێت) بە سەنگەری پێشەوەی پاراستنی سۆسیالیزم و لەسەر ئاستی هەر حزبێکی کۆمۆنیست ئەو پابەندبونەی چەسپاندووە کە حزبی کۆمۆنیست لە هەر وڵاتێکدا بەشێکە لە رێکخراوێکی گەورەترو بەرژەوەندیی هەر حزبێکیش بەشێکە لە بەرژەوەندیی هەموان.

ئەم مەسەلەیە زۆرتر کۆمەڵەی رەنجدەرانی گرتۆتەوە، ئەویش لەو روانگەیەوە کە رێکخراوێکی مارکسیست بووە. بەڵام کۆمەڵە بە پێچەوانەی حزبە کۆمۆنیستەکانەوە، پەیوەندیی ئینتەرناسیۆنالیستیی نەبوە، زۆریش بە تەنگ ئەوەوە نەبوە کە ئەم جۆرە پەیوەندییە دابمەزرێنێ. بە کردەوە، کۆمەڵە رێکخراوێکی لۆکالی گۆشەگیر بووە، پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ حزب و رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانی ناوچەکەدا نەبووە. بەڵام بە دیاریکراوی، ئەم بابەتە لە ناو سەرکردایەتیی کۆمەڵەدا لە ساڵی ١٩٧٩ وروژێنرا، ئەویش پاش دەرچونی سەرکردە کۆنەکانی کۆمەڵە لە زیندان. لە کۆبونەوەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەدا

بابەتەکە چەند جارێك وروژێنراو مەسەلەکە خرایە ئەو قاڵبەوە کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە مەسەلەی پەیوەندیی ئینتەرناسیۆنالیستیی فەرامۆش کردووەو پێویستە ئەم کەموکوڕییە چارەسەر بکرێ و کۆمەڵە لە لۆکاڵبون رزگار بکرێ. لە ناو سەرکردایەتیدا، زۆرتر عومەر سەید عەلی و فەرەیدون عەبدولقادر جەختیان لەسەر گرنگیی ئەم مەسەلەیە بۆ سەقامگیرکردنی پێوەرو بەها مارکسیستییە شۆڕشگێڕییەکان کردووە.

ئەو سەرکردانەی کە زۆر پێیان لەسەر بابەتەکە دادەگرت، چەند دیدارێکیان لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا ساز کردو بیروڕایان لەگەڵیاندا لەسەر ئەم بابەتە گۆڕییەوە.

نەوشیروان مستەفا، کەسی یەکەمی کۆمەڵە، لەو بڕوایەدا نەبوو کە هەر هەوڵێك بەم ئاراستەیە ئەنجامێکی خوازراوی لێ بەدەست دێ. لەم بیرکردنەوەیەدا، ئەو زۆرتر لە ژێر کاریگەریی پێداویستییە پرەگماتیکییەکاندا هەڵسوکەوتی دەکردو پێی وابوو ئەم مەسەلەیە بە کردەوە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ. بەڵام لە ژێر فشاری سەرکردەکانی لایەنگری پەیوەندیی ئینتەرناسیۆنالیستیدا، رازی بوو هەوڵێکی لێبڕاوانە لەم بارەیەوە دەست پێ بکات.

لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٨٠دا نەوشیروان مستەفا سەردانی بارەگای پارتی کۆمۆنیستی عیراقی کرد لە گوندی نۆکان و چاوی بە فاتیح رەسول، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزب، کەوت و گفتوگۆیەکی تێرو تەسەلی سەبارەت بە چەردەیەك پرسی گرنگ لەگەڵدا کرد. ئەو داوای کرد پارتی کۆمۆنیستی عیراق یارمەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بدات بۆ دروست کردنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیست و حزبە کۆمۆنیستەکان و کردنەوەی دەرگای ئامۆژگاکانی وڵاتانی سۆسیالیست بە روی کادیرانی کۆمەڵەدا بۆ فێربونی بیروباوەڕی مارکسیزم- لینینیزم. نەوشیروان مستەفا بەڵێنی یارمەتیی پێ درا بەو مەرجەی کۆمەڵە بە نوسراو داوایەك لەم بارەیەوە پێشکەش بە پارتی کۆمۆنیست بکا.

لە ٢٢ی حوزەیراندا عومەر سەید عەلی و فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە، سەردانی نۆکانیان کرد، لەگەڵ فاتیح رەسول کۆ بونەوەو دوو نامەی فەرمییان بە ناوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەوە پێ دا، یەکێکیان بە زمانی کوردی ئاراستەی لیژنەی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق کرابوو، ئەوی تر بە زمانی عەرەبی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت نوسرا بوو.

لە نامەی یەکەمدا پارتی کۆمۆنیست لەوە ئاگادار کراوەتەوە کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە نامەیەکی بۆ پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت نوسیوە، تێیدا ئارەزوی دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانەی «دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی» دەربڕیوەو خوازیارە پارتی کۆمۆنیستی عیراق نامەکە بگەیەنێتە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت. لە نامەی دووەمدا کە ئاراستەی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت کراوە، کورتەیەك لە ئامانجی خەباتی کۆمەڵەی رەنجدەران خراوەتە روو و نیشان دراوە کە کۆمەڵە بۆ «دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی رزگاریی نیشتمانیی دیموکرات تێدەکۆشی» و خوازیاریشە ئەم شۆڕشە «بە شۆڕشی سۆسیالیستییەوە گرێ بدا». هەروەها نامەکە جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە سەرکردایەتیی بورژوازی- خێڵەکیی کورد بزوتنەوەی تێکۆشانی بە لارێدا بردووەو لە «رێچکەی بابەتییانەی خۆی» دوری خستۆتەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵە تێکۆشاوە بۆ «گێڕانەوەی بزوتنەوەکە بۆ سەر رێی راست» و کاری

بۆ ئەوە کردووە کە ئەم بزوتنەوەیە ببێ بە «بەشێکی جیانەکراوەی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانی». نامەکە داوای دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانەی کردووەو پێشنیاری کردووە ژمارەیەك کادیری کۆمەڵە لە فێرگەکانی یەکێتیی سۆڤێت وەربگیرێن بۆ فێربونی بنەماکانی مارکسیزم- لینینیزم، هەروەك هیواشی خواستووە کە دەستپێشخەرییەکە ببێ بە «کلیلی دۆستایەتی و هاوخەباتی».

لە یاداشتەکانی فاتیح رەسول دا چارەنوسی نامەکەی کۆمەڵەی رەنجدەران بۆ پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت نەزانراوە. دیارە فاتیح رەسول مەکتەبی سیاسیی لە مەسەلەکە ئاگادار کردۆتەوەو هەردوو نامەکەشی بۆ ناردووەو تەنانەت پێشنیاری ئەوەشی کردووە کە ژمارەیەك کادیری کۆمەڵە لە فێرگەکانی روسیا یان بولگاریا وەربگیرێن. بەڵام کۆمەڵە نە لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق وەڵامی وەرگرتەوە، نە لە پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت. ئەگەری ئەوەی کە پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت نامەکەی پشت گوێ خست بێ و بابەتەکەی بە هەند وەرنەگرتبێ، ئەگەرێکی بەهێزە، ئەگەری ئەوەش کە مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق نامەکەی بۆ مۆسکۆ نەناردبێ و تەواوی مەسەلەکەی پشت گوێ خستبێ، ئەویش ئەگەرێکە نابێ لەبەرچاو نەگیرێت، بەتایبەتی کە فاتیح رەسول لە یاداشتەکانیدا سوکە ئاماژەیەك بۆ هەردوو ئەگەر دەکات.

ئەگەری زاڵ ئەوەیە کە مەکتەبی سیاسی لە بنەڕەتدا نامەکەی بۆ پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت نەناردووە. فاتیح رەسول دان بەوەدا دەنێ کە لە هیچ کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتیی حزبدا و لە هیچ چاوپێکەوتنێکدا باسی نامەکە نەکراوەو بە ئاشکرا دەڵێ «دوو سێ جاریش پرسیارم کرد، وەڵام نەبوو». رستەی دوایی، تای تەرازوی نەناردنی نامەکە قورستر دەکا.

ئەگەر وای دابنێین کە مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە بنەڕەتدا مەسەلەکەی بە هەند وەرنەگرتووەو نامەکەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی بۆ مۆسکۆ نەناردووە، دەبێ هۆکانی ئەم هەڵوێستە نەرێنییە بەم چەشنە شرۆڤە بکەین:

یەکەم، مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە بنەڕەتدا کۆمەڵەی رەنجدەرانی بە رێکخراوێکی مارکسیست نەزانیوەو بەو چاوە تێی روانیوە کە رێکخراوێکی ناسیۆنالیستی بورژوازیی بچوکەو لەڕوی رەفتارەوە زۆرتر بە گروپێکی شۆڕشگێڕی- ئانارشیستی زانیوە کە ئەمەش هانی نەداوە ئەو سەرکێشییە بکاو بە پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێتی بناسێنێ. دووەم، مەکتەبی سیاسی هەر لە دەستپێکەوە کۆمەڵەی رەنجدەرانی وەك رێکخراوێکی ماویستی ناسیوەو پێی وا بووە وازهێنان لە ماویزم لە کۆبونەوەی ساڵی ١٩٧٨ی گوندی شێنێ، کاریگەریی قوڵی نەکردۆتە سەر ماویستیبونی کۆمەڵە. سێیەم، هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەرامبەر بە کۆمەڵەی رەنجدەران لەو تیۆرییەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەر وڵاتێك دەبێ تەنها یەك پارتی کۆمۆنیستی هەبێ و ئەگەر لە وڵاتێکدا دوو پارتی کۆمۆنیست هەبوو، تەنها یەکێکیان شۆڕشگێڕی راستەقینەیەو ئەوی دیکە ئۆپۆرتۆنیست و ساختەیە. لەو دوو حزبە کۆمۆنیستەش، کامیان پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت بە ئیلهامبەخش بزانێ، ئەو راستەقینەکەیە. ئەم تیۆرییە کلاسیکییە کە زۆرتر لە دۆگماکانی سەردەمی ستالینەوە دەچوو، تا ئەو کاتە هەژمونی خۆی بەسەر بیرکردنەوەی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا سەپاندبوو. چوارەم، هۆیەکی دیکەش

هەیە پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی نامەکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە نامەکەدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بە پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە، ئەویش لە پەرەگرافێکدا ئەوەی تێدا هاتووە کە سەرکردایەتیی بورژوازی- خێڵەکیی کورد بزوتنەوەی نەتەوایەتیی بە لاڕێدا بردووەو لە ڕێچکەی بابەتییانەی خۆی دوری خستۆتەوە. ئاشکراشە کە دەستەواژەی «سەرکردایەتیی بورژوازی- خێڵەکی» لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لە قۆناغەکانی گرژی و دوبەرەکیدا، هەمیشە ئاماژەیەکی ناڕاشکاوانە بووە بۆ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە بەرەنجامی کۆتاییدا، نەهاتنەوەی وەڵامی نامەکە، چ ئۆباڵەکە لە ئەستۆی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت بوو بێ، چ لە ئەستۆی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو بێ، کۆتایی بەو مشتومڕە هێنا کە دەربارەی پەیوەندیی ئینتەرناسیۆنالیستی لە ناو کۆبونەوەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان سەری هەڵدابوو.

## پاشکۆی ژمارە ١
## نامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ لیژنەی هەرێمی کوردستانی پارتی کومۆنیستی عیراق

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

هاوڕێیانی بەڕێز لەبەر ڕۆشنایی هەندێ گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانی (لیژنەی) هەرێمی کوردستان، وا نامەیەکمان ئاراستەی هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت کردووە دەربارەی وەرگرتنی چەند کادیرێکی کۆمەڵەمان و پەیداکردنی پەیوەندیی دۆستانەو یەکێتیی تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی. لە کاتێکدا هیوادارین هاوکاریی هاوڕێیانەمان لەگەڵدا بکەن بۆ گەیاندنی ئەو نامەیەی لەگەڵ ئەو نوسراوە دایە بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت، هیواشمان وایە پشتگیریی داواکەمان بکەن و کارێکی وا بکەن ئەو پەیوەندییە لە خزمەتی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی چینی کرێکارو جەماوەری گەلدا بێت و بەرەو گەشەکردنی هەمیشەیی بچێت.

ئیتر بۆ پێشەوە.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

١٩٨٠/٦/٢١

سەرچاوە: فاتیح ڕەسول، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی خەباتی گەلی کورد، بەرگی دووەم، سوید، ١٩٩٢، ل ١١٨-١١٩.

## پاشکۆی ژمارە ٢
## نامەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت

بۆ بەڕێز کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا

کۆمەڵەمان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عیراق، لە کوردستانی عیراق بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانیی دیموکراتی تێدەکۆشێ و خوازیارە ئەم شۆڕشە بە شۆڕشی سۆسیالیستییەوە گرێ بدا. شۆڕشەکەمان شۆڕشی گەلێکە بە دەم چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی و پاشکەوتنی کۆمەلایەتییەوە دەتلێتەوە، ئەویش دوای دابەشکردنی ئیمپریالیستییانەی ناوچەکەو جیهان و لە سۆنگەی ئەو هەلومەرجی پارچە پارچەیی و پاشکۆییەی کە ئیمپریالیزم سەپاندویەتی.

مێژوی بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان کە بڵێسەکەی سەد ساڵە هەڵایساوە، چەندین نوشوستی و بەلارێدا بردن و دەرچون لە رێچکەی بابەتییانەی خۆی بە خۆیەوە دیوە، ئەویش بە هۆی سەرکردایەتیی بورژوازی و خێڵەکیی راسترەوەوە. بەڵام کۆمەڵەمان لەوەتی دامەزراوە، کەوتۆتە تێکۆشان بۆ گێڕانەوەی بزوتنەوەکە بۆ سەر رێی راست بۆ ئەوەی ببێ بە بەشێکی جیانەکراوەی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانی و بە گژ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و پیلانەکانیاندا بچێتەوە. کۆمەڵەمان بۆ راپەڕاندن و جۆشدان و خرۆشاندن و رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکاران و جوتیاران و موتوربەکردنی بزوتنەوەکە بە مارکسیزم-لینینیزم و بنیاتنانی رێکخستنەکان لەسەر بنەمای تیۆریی شۆڕشگێڕانە تێدەکۆشی. کۆمەڵەمان وا دەڕوانێتە پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت کە خاوەنی لینینی مەزنە و مەزنترین شۆڕشی سۆسیالیستیی لە مێژوی هەموو مرۆڤایەتیدا هەڵگیرساندووە. پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت خاوەنی شارەزایی و فێرگەیە. بۆیە، لە مەکتەبی سیاسیی هێژاتان داواکارین رەزامەندی بفەرمون لەسەر وەرگرتنی ژمارەیەك لە کادیرەکانی ئێمە لە ئامۆژگا مارکسیستی- لینینیستییەکانتان کە بە تایبەت بۆ یارمەتیدانی گەلانی رۆژهەڵات، کە دژی ئیمپریالیزم و پاشکۆیی و لەپێناوی رزگاری و سەربەخۆیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا تێدەکۆشن، ئامادە کراون.

هیوادارین رەزامەندیی پێویست بە دەست بێنین و لە ئەنجامی داواکراو ئاگادار بکرێینەوە، بەو ئومێدەی کە ئەم دەستپێشخەرییە کلیلی دۆستایەتی و هاوخەباتی بێ.

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان- عیراق


ناوەند

١٩٨٠/٦/٢١

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

سەرچاوە: فاتیح رەسول، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی خەباتی گەلی کورد: روداوو بەڵگەنامە، ١٩٨٠-١٩٨١، بەرگی دووەم، ئیسکلستونا (سوید)، ١٩٩٢، ل ١١٩-١٢٠.

## پێروو (گۆڤار)




گۆڤاری لیژنەی ئامادەکردنی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان. بیرۆکەی دەرکردنی ئەم گۆڤارە بۆ کۆبونەوەی ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٨٠ی ناوزەنگ دەگەڕێتەوە، کە کۆبونەوەیەکە بەدەستپێشخەریی چەند نوسەرێك بەستراوە بۆ تاوتوێ کردنی هەوڵەکانی رژێمی عیراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نوسەرانی کورد.

لەم کۆبونەوەیەدا نوسەرەکان وەك وڵامدانەوەیەکی ئەم هەوڵانەی رژێمی عیراق بڕیاریاندا لیژنەیەك بە ناوی لیژنەی ئامادەکردن بۆ فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان پێك بێننو لەم سەروبەندەدا لیژنەکە بڕیاری

دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبیی بە ناوی «پێروو»ەوە دا.

ئەم گۆڤارە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە. دوای دەرچونی ئەم ژمارەیە، هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردن پێشنیاری گۆڕینی ناوەکەیان کرد و بەگونجاوترینیان زانی ناوی گۆڤارەکە بکرێتە «نووسەری کوردستان». لەسەروتاری ژمارە یەکی گۆڤاری «نوسەری کوردستان» کە لە ئابی ۱۹۸۱ دا دەرچووە، دەستەی نوسەران بەمجۆرە رای خۆی دەربڕیوە کە پاش داخستنی یەکێتیی نوسەرانی کورد «لیژنەی ئامادەکردن بڕیاریدا ناوی پێروو بگۆڕێت بەگۆڤاری «نوسەری کوردستان» کە نزیکترە لە ناوی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانەوە، بەو هیوایەی کە لەمەودوا ئەگەر بۆمان لوا بە ڕێکوپێکی لە کاتی خۆیدا بیگەیەنینە دەست خوێنەرانی خۆشەویست».

تاکە ژمارەکەی «پێروو» لە ئازاری ۱۹۸۱ دەرچووە، لەقەبارەی نیو فولسکابدایە و لە۷۲ لاپەڕە پێکدێ. ژمارەکە ناوی سەرنوسەرو دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە بەڵام لە ناو نوسەراندا سێ کەس ڕۆڵی دەستەی نوسەرانیان گێڕاوە کە ئەمانەن: حەمەی حەمە باقی، هەڤاڵ کوێستانیو ئەبوبەکر خۆشناو. لە ناو ئەم دەستەیەدا هەڤاڵ کوێستانی ناوی گۆڤارەکەی هەڵبژاردووە و ئەرکی دیزاینی بەرگو خۆشنوسی، ئەبوبەکر خۆشناو لە ئەستۆی گرتووە.

ژمارەکە لە چاپخانەی برایم عەزۆ لەتوژەڵە چاپ کراوەو ئەوانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: ئەبوبەکر خۆشناو، ساجد قەرەداغی، ئازاد عەبدوڵڵا، جەمیل رەنجبەر، هەڤاڵ کوێستانی، فەرید ئەسەسەرد، حاجی مەمۆ (کاکەباس)، ناسر حەفید (مامە ناڵە)، محەمەد رەنجاوو رەحیم عەزیز. ژمارەکە سێ بابەتی وەرگێڕدراوی هـ.و.گارودی و خەسرەو گولسورخیو زەکەریا تامری لەخۆ گرتووە.

بە شێوەیەکی گشتی، بابەتەکان بەسەر لێکۆڵینەوەو شیعرو چیرۆك و وەرگێڕاندا دابەش کراون، بەڵام بابەتی شیعر زۆرترین لاپەڕەی داگیر کردووەو لەم رووەوە لە۷۲ لاپەڕەی گۆڤارەکە ۳٤,۷٪ی بۆ شیعرو ۳۲٪ی بۆ نوسین لەسەر شیعرو ۳۳,۳٪ی بۆ بابەتەکانی تر تەرخان کراوە.

## پیرەمەگرون (تیپ)

تیپی ٤۷ی پیرەمەگرون. لە ساڵی ۱۹۸۲دا، پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان پێك هێنراوە. پێشتر قەڵەمڕەوەکەی بەشێك بوە لە سنوری هەرێمی چوار. بە ناوی چیای پیرەمەگرونەوە ناو نراوە. سنوری چالاکیی تیپەکە بە شێوەیەکی سەرەکی سلێمانیو دەوروبەری گرتۆتەوە. لە ڕوی جوگرافییەوە ناوچەکانی شینکایەتیو دۆڵی جافایەتیو دۆڵەڕوتو قەڵەمڕەوی نێوان ناحیەی کارێزەو گوندی خەمزەی گرتۆتەوەو بە کردەوە جادەی ئەزمڕ- چوارتا جیای کردۆتەوە لە ناوچەی چالاکیی تیپی ۳۳ی سلێمانی هەرچەند سنوری چالاکییەکانی تێکەڵ بە سنوری چالاکییەکانی هەردوو تیپی ۳۳ی سلێمانیو ۳۷ی شارباژێر دەبوو.

یەکەم فەرماندەی تیپەکە سەلاح رەفیق حەمە رەحیم ناسراو بە سەلاحی موهەندیسە. لەتەموزی ۱۹۸۲ سەلاحی موهەندیس لە شەڕێکدا لە دەوروبەری گوندی سەرگەڵوو لە دۆڵی جافەتی لەگەڵ گروپی لەشکری ئیسلامی، شەهید بوو. بۆیە بەهادین ئەحمەد حەسەن ناسراو بە وەهابی شارباژێر راسپێردرا جێی بگرێتەوەو ببێ بە دووەم فەرماندەی تیپەکە. وەهاب ماوەیەکی زۆر کەم لەوێ مایەوەو زۆری نەبرد بەهەمان پلە گوێزرایەوە بۆ تیپی ٥۷ی سەگرمە کە تازە پێك هێنرابوو.

هەر ئەو ساڵە، فەرماندەیی تیپەکە بە سەلاح چاوشین سپێردرا کە لەمەوبەر فەرماندەی تیپی ٣١ی بەرزنجە بوو. چوارەم فەرماندەی تیپەکە ئاوات قارەمانییە کە لە مەوبەر فەرماندەی تیپی ٣٣ی سلێمانی بووە. لە ساڵی ١٩٨٥دا شۆڕش ئیسماعیل کە لەمەوبەر فەرماندەی تیپی مەڵبەندی یەك بوو، لێپرسراوەتیی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونی گرتە ئەستۆ.

شەشەم فەرماندەی تیپەکە جەلال حەمەی محەیە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨دا لێپرسراوەتیی فەرماندەیی تیپەکەی لە ئەستۆدا بووە. لە ساڵی ١٩٨٨دا خالید عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا جێگری فەرماندەی تیپی ٤٧ پیرەمەگرون لێپرسراوەتیی تیپەکەی وەك حەوتەم فەرماندە پێ سپێردرا.

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بە یەکێ لە تیپە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە دادەندرێ‌و ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشمەرگایەتیدا هەبووە، بەتایبەتی کەبەشێکی بارەگا سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەوانە بارەگای سکرتێری گشتی لە گوندی یاخسەمەر، بارەگای چاپخانەی برایم عەزۆو ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان‌و بارەگای سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بارەگای سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و نەخۆشخانەی ناوەندیی شۆڕش لە بەرگەڵو و لە سنوری ئەم تیپەدا بون.


تیپەکە لە زۆربەی چالاکییەکانی مەڵبەندی ٢دا بەشداریی کردووە، سەرباری بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی وەك ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج (١٩٨٥)، شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری (١٩٨٧)و شەڕەکانی دۆڵی جافەتی (١٩٨٨).

## پێشڕەو برایم سەعید



پێشمەرگەو دادوەری شۆڕش. ناسراو بەحاکم پێشڕەو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی شاری کۆیە. هەر سێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە. دەرچوی بەشی زانستە سیاسییەکانی کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆی بەغدایە.

ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگەو پەیوەندیی بە بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کردووە. لە ناو بزوتنەوەدا هەندێ بۆچونو تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەبووەو لەو بڕوایەدا بووە کە بزوتنەوە پێویستی بە



چاکسازییەکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی جارانی خۆی وەدەست بێنێتەوە. لەم سەروبەندەدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ڕەوتێکی چاکسازیخوازیان لە ناو بزوتنەوەدا پێکهێناو بیروڕای خۆیان بەڕاپۆرت پێشکەش بەکۆبونەوەی فراوانی بزوتنەوە کرد. لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمدا لەگەڵ هاوڕێ چاکسازیخوازەکانی لە بزوتنەوەی سۆشیالیست جیا بونەوە.

لە تشرینی دووەمدا کرایە یەکەم دادوەری شۆڕش لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی. ساڵی ۱۹۸۰ لەگەڵ برایم حسێن عەبدوڵڵا پرۆژەی پێکهێنانی دادگای باڵای شۆڕشی پێشکەش بەمەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد. پاش بڕیاردان لەسەر پێکهێنانی دادگاکە، وەك دادوەری کەیسەکانی تاوان و کەتن و ئاسایش کاری تێدا کرد.

ساڵی ۱۹۸۲ بەشدار بوو لەیەکەم کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی هێڵی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگوندی توژەڵە کە پرۆژەی یەکخستنی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانی تێدا مشتوماڵ کراو دواتریش گفتوگۆکان بەردەوام بونو پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان لێ کەوتەوە. ساڵی ۱۹۸۳ کرایە ئەندامی مەڵبەندی سێو هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لەکۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەگوندی خەتێ لە ناوچەی خۆشناوەتیو لە ساڵی ۱۹۸٤دا بەشداریی لە کۆنفرەنسی دووەمدا کرد.

ساڵی ۱۹۸۵ کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان. پاش دەرکردنی گۆڤاری «ڕزگاری» کەئۆرگانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بوو، چەند وتارێکی تێدا بڵاوکردەوە.

ساڵی ۱۹۸۷ چوو بۆ ئەوروپاو تا ساڵی ۲۰۰۳ لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. لە ماوەی نێوان ۱۹۹۶-۲۰۰۲دا مانگنامەیەکی بە ناوی «سەکۆ» لەبەرلین دەرکردووە.

ساڵی ۲۰۰٤ لە بەغدا بە ڕاوێژکار لەکۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق دامەزرا و نزیکەی ساڵێکیش وەك ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانی لە ئۆفیسی دکتۆر بەرهەم سالح، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، کاری کردووە.

لە بواری نوسیندا وتاری لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوەو لە ماوەی ۲۰۰۸ - ۲۰۱٤ دا سەرنوسەری گۆڤاری «کەکۆن» بووە، چەند کتێبێکیشی لە بواری شانۆو فۆلکۆری کوردیو چیرۆکی منداڵانو بیرەوەریی سەردەمی پێشمەرگایەتیدا هەیە.

## پێشمەرگە (گۆڤار)




گۆڤارێکی تایبەت بە پێشمەرگەو کاروباری پێشمەرگایەتییە، ساڵی ۱۹۸۳ مەڵبەندی ۳ لە

گوندی وەرتێی ناوچەی باڵەکایەتی دەری کردووە. گۆڤارەکە زۆر بایەخی بە کاروباری شەڕی پێشمەرگانە داوە و هەوڵیداوە ئاستی پێشمەرگەیی و سیاسی و هۆشیاریی نیشتمانیی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە.

لە یەکەم سەروتاری گۆڤارەکەدا دەستەی نوسەران بەڵێنی دا کە هەوڵ دەدا گۆڤارەکە «دەنگ و رەنگی راستەقینەی پێشمەرگە بێت» و گۆڤارەکەی وا ناساند کە «بڵاوکراوەی هەموو پێشمەرگەیەکی بەرەی گەلە و دەنگی زوڵاڵی ئەو پێشمەرگانەیە کە گیانی خۆیان لە پێناوی وڵات و گەلەکەیان خستۆتە سەر دەست».

پەیام و ئامانجی گۆڤارەکە کە لە سەروتاری یەکەم ژمارەدا رون کراوەتەوە، لە بابەتە بڵاوکراوەکاندا رەنگی داوەتەوە و لەم سەروبەندەدا دەستەی نوسەران لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا زۆر سەرکەوتوو بووە. بە شێوەیەکی گشتی، بابەتەکانی گۆڤارەکە چەند بوارێکیان گرتۆتەوە لەوانە رێنوێنیی شەڕی پارتیزانی، ناسینی چەکەکان، شۆڕشی گەلان، رەوشی پێشمەرگە، واتای شۆڕش، سۆسیالیزم، پەیوەندیی نێوان پێشمەرگە و جەماوەر، دیموکراسی، سەرباری هەندێ گۆشەی وەك چالاکیی پێشمەرگە و کاروانی شەهیدان.

بابەتەکان بە تایپی کارەبایی ئای بی ئێم تایپ کراون و پاشان لەسەر ماکێت دیزاین کراون و دواتر بە ئامێری فۆتۆ ستێنسل خراونەتە سەر ستێنسل، ئینجا بە رۆنیۆ راکێشراون. لە دیزاینی بەرگ و لاپەڕەکانی ناوەوە، سود لە وێنەو سکێچ و خۆشنوسی وەرگیراوە. قەبارەی گۆڤارەکە نیو فولسکابەو ژمارەی لاپەڕەکانی لە نێوان ٣٦-٥٨ لاپەڕە دایە.

گۆڤارەکە لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید لەگوندی وەرتێ چاپ کراوە. پێنج ژمارەی لێ دەرچووە کە بەسەر دوو خولدا دابەش دەبن. خولی یەکەم سێ ژمارەی لێ دەرچووەو خولی دووەم دوو ژمارە. ژمارەی یەکەم لە کانونی دووەمی ١٩٨٣ دەرچووە. ژمارەی دووەم لە شوباتی ١٩٨٣و ژمارەی سێیەم کە دوایین ژمارەی خولەکەیە لە ئازاری ١٩٨٣ دەرچوە. خولی دووەم بە ژمارە ٤ دەست پێدەکا کە لە ئایاری ١٩٨٣ دەرچووە. لەم خولەدا گۆڤارەکە بۆتە پاشکۆی گۆڤاری «راپەڕین»کە ئەویش مەڵبەندی ٣ دەری کردووە. لەم خولەدا هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر شێوەو پەیام و ئامانج و تەکنیکی گۆڤارەکەدا نەهاتووە. ژمارە ٥ کە دوایین ژمارەی گۆڤارەکەیە لە تەموزی ١٩٨٣ دەرچووە. سەرەڕای ئەوەی کە لەم خولەدا گۆڤارەکە بۆتە پاشکۆی گۆڤارێکی تر، بەڵام لە ناواخنی هیچ کام لە وتارەکانی دوو ژمارەکە ئاماژە بە هۆی کردنی گۆڤارەکە بە پاشکۆ نەدراوەو هیچ رونکردنەوەیەك لەم بارەیەوە بڵاو نەکراوەتەوە. هەروەها گۆڤاری «راپەڕین»یش هیچ ئاماژەیەکی بەم مەسەلەیە نەکردووە.

مەسەلەی بونی گۆڤارەکە بە پاشکۆی گۆڤاری «راپەڕین» لێڵیی تێدا بەدی دەکرێ. دوو تێبینی لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە. تێبینیی یەکەم ئەوەیە کە سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری «پێشمەرگە» وای داناوە کە گۆڤارەکە گۆڤارێکی مانگانەیە. بەڵام پاش ئەوەی کە گۆڤارەکە لە ژمارە ٤ بەدواوە بووەتە پاشکۆی گۆڤاری «راپەڕین»، لەسەر بەرگی هەردوو ژمارە ئاماژە بەوە کراوە کە گۆڤارەکە دوو مانگ جارێك دەردەچێ. دیارە ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە گۆڤاری «راپەڕین» لە خولی دووەمدا دوو مانگ جارێك دەردەچوو. تێبینیی دووەم ئەوەیە کە پاش بونی گۆڤاری «پێشمەرگە» بە پاشکۆی گۆڤاری «راپەڕین»، ئاماژە بەوە نەدراوە کە ژمارە ٤ی گۆڤاری «پێشمەرگە» پاشکۆی کام ژمارەی گۆڤاری راپەڕینە. شێواوییەکە لەوە دایە کە

ژماره ٦ ی «ڕاپەڕین» لە نیسانی ١٩٨٣ دەرچووە، لە کاتێکدا ژمارە ٤ی پاشکۆی «پێشمەرگە» لە ئایاردا دەرچووە. بە هەمان شێوە، ژمارە ٧ی گۆڤاری «ڕاپەڕین» لە حوزەیرانی ١٩٨٣دا دەرچووە، کەچی ژمارە ٥ی پاشکۆی «پێشمەرگە» مانگێك دواتر، لە تەموزدا، دەرچووە.

ژمارەیەك کادیر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە کە زۆربەیان لەو کادیرانەن کە بابەتیان لە گۆڤاری «ڕاپەڕین» بڵاوکردۆتەوە لەوانە حەسەن کوێستانی، هاوڕێ گەرمیانی، ئارام ساڵح، عەباس محەمەد حسێن ناسراو بە حاجی مەمۆ، مەریوان وریا قانع، جەمالەددین محەمەد ئەمین، عەزیز خدر باوەکر ناسراو بە مەلا غەفور، عەبدولقادر خدر تەها، سەلاح سەربەنی، ئەحمەد عارف، فەیسەل خۆشناو، زرار عەبدوڵڵا مستەفا.

گۆڤاری «پێشمەرگە» بە یەکێ لەو گۆڤارانەی سەردەمی پێشمەرگایەتی دەژمێردرێ کە پەیامەکەی خۆی بە چاکی جێبەجێ کردووەو ڕۆڵێکی دیاری لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی پێشمەرگەدا هەبووە. ساڵی ٢٠١٩ هەر پێنج ژمارەی ئەم گۆڤارە، بە کۆششی نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە سلێمانی لە دوتوێی کتێبێکی ٢٦٠ لاپەڕییدا چاپ کرانەوە.

**پاشکۆ**

## سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری «پێشمەرگە»

دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی مانگانە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە، هەنگاوی یەکەم و نۆبەرەی چالاکیی مەڵبەندی ٣ یە لە ڕوی ئیعلامییەوەو هەر لە ئێستاوە ئەوە دەخەینە بەر دەستتان کە ئەم بڵاوکراوەیە تایبەت بە ژیانی پێشمەرگەو جەنگی پێشمەرگە دەبێت. «پێشمەرگە» لەم ژمارەیەوە هەوڵ دەدات دەنگ و ڕەنگی ڕاستەقینەی پێشمەرگە بێت.

لەوەتەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەسەر دەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خاکی کوردستانی خوێناویی بەر چنگی فاشیستەکان دەستی پێ کراوەتەوە، سەرەڕای بارودۆخی ناهەمواری پڕ دەردەسەریی ڕۆژانی خەباتی چەکدارانەو دەستکورتیی شۆڕش لە ڕوی ئامرازەکانی چاپ کردنەوەو سەرەرای کەمیی ژمارەی کادیری نوسین و چاپ، شۆڕش تا رادەیەکی زۆر بایەخی بە لایەنی ئیعلام و دەرکردنی بڵاوکراوەو گۆڤاری مانگانە داوە بۆ گەیاندنی دەنگی شۆڕش بە کۆمەڵانی خەڵك لە لایەك و ئینجا هۆشیارکردنەوەو بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی خەبات و ئامادەکردن و تێرکردنی کۆمەڵانی خەڵك لە ڕوی فەرهەنگی شۆڕشەوە.

ڕاستە وەك گوتمان لە لایەن شۆڕشەوە چەندان گۆڤارو بڵاوکراوەی یەك لە دوای یەکی لەم جۆرە دەرچووەو کەم تا زۆر توانراوە بۆشاییەکە پڕ بکرێتەوە، هەروەك ئەو بڵاوکراوانە توانیویانە ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوەی زۆرتر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەتا ئێستا، وەك ئەوەی کە پێویستە، بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە پێشمەرگەو تاقیکردنەوەو کاروباری پێشمەرگایەتی دەرنەچووە. جا وەنەبێ ئەمە هۆی خۆی نەبێ. بەم ڕەنگە، ئێمە لێرەوە ئەم دەرگایەمان خستە سەر گازی پشت و بە پشتیوانیی برا پێشمەرگە نوسەرو ڕۆشنبیرەکانمان کەوتینە خۆمان تا بتوانین لەم شوێنەوە لە ژێر ناونیشانی خۆشەویستیی پێشمەرگە نەختێك لەم کەلەبەرە کەم بکەینەوەو لاپەڕەیەکی تر بخەینە سەر خەرمانی ئەدەبیات و ئیعلام و بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی شۆڕش.

دیاره هەموو هەنگاوێکی سەرەتایی بە بێ کەموکوڕی نابێت و دڵنیاین لە لایەن دڵسۆزو دۆستە ڕاستەقینەکانی پێشمەرگەوە پشتگیریمان دەکرێ و بە بەرهەمی سودبەخش و ناوەڕۆك بەپێز بۆ پێشمەرگە، دەوڵەمەندو سەرفرازمان دەکەن.

دوبارە «پێشمەرگە» بڵاوکراوەی هەموو پێشمەرگەیەکی بەرەی گەلەو دەنگی زوڵاڵی ئەو پێشمەرگانەیە کە گیانی خۆیان لەپێناوی وڵات و گەلەکەیان خستۆتە سەر دەست. دەنگی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

سەرچاوە: گۆڤاری «پێشمەرگە»، ژمارە ١، کانونی دووەمی **١٩٨٣**، ل **١-٢**.

بابەتی پەیوەندیدار:

*ڕاپەڕین (گۆڤار).

## پێشمەرگە (گۆڤار)




گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی سەربازییە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵانی **١٩٩٥-١٩٩٦** دەری کردووە. سێ ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لەئابی **١٩٩٥** دەرچووە، ژمارە **٢** لە حوزەیرانی **١٩٩٦**و ژمارە **٣** لەئابی **١٩٩٦**.

جەبار فەرمان خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەیەو نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا سەرنوسەرێتی. ئەندامانی دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە سێ کەسن کە ئەمانەن: ئازاد ڕەفیق چالاك، ڕێکەوت عوسمان مەجیدو ئەحمەد عارف.

بونی گۆڤارێکی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی سەربازی پێویستییەکی ژیانی بوو. سەروتاری ژمارە دوو کە سەرنوسەر نوسیویەتی جەختی لەسەر گرنگیی گۆڤارەکە کردووەو ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە «بایەخدانی تەواو بەباری هۆشیاریی سیاسیو سەربازیو لایەنی دەرونیی پێشمەرگەی کوردستان کە هەمیشە قورسایی باری شۆڕشی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردودا بەسەر شانەوە بووەو ئێستاش لە ڕیزی پێشەوەی پارێزەرانی دەستکەوتە نیشتمانیو دیموکراتییەکاندایە، لە هەموو کاتێك زیاتر ئەوە دەخوازێت خاوەنی دەنگ و گۆڤارێکی تایبەتی خۆی بێت، گۆڤارێك بتوانێت چالاکانە هاوشانی خەباتی ڕۆژانەی پێشمەرگە لە سەنگەرەکاندا مێژوی ئەو خەباتە تۆمار بکات و بە هەموو زانستێکی نوێی سەربازی موتوربەی بکات».

گۆڤارەکە چەردەیەك بابەتی سەربازیی گشتیی لەخۆ گرتووە وەك ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤ، جەنگی بەرگری، کاروباری ستراتیجی عەسکەریو بابەتی دیکە، سەرباری چەردەیەك بابەتی پەیوەند بە هێزی پێشمەرگەو ساڵانی خەباتی پێشمەرگانە.

چەند نوسەرێك بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە کەئەمانەن: بەرزان عوسمان، بەرهەم تۆفیق، شوان

کەریم کابان، سەڵاح ڕەنجدەر، شاهۆ سەعید، فەرەیدون سەعید، باست حەمە غەریب، سۆران مەعروف، ئاکۆ محەمەد وەهبی، بێستون ئەحمەدو برایم محێدین عارف.

ژمارەی لاپەڕەکانی لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازیی هەیە. ژمارەی لاپەڕەکانی هەر سێ ژمارە یەك لەدوای یەك ٦٨، ٨٦ و٨٢ لاپەڕەیە. گۆڤارەکە بەقەبارەی ٢٣ بە ٣٠ سم دەرچووە. بەشی تەکنیکی لەفاتمە عەبدوڵڵا ساڵح وەك سەرپەرشتیارو بێستون فەرهاد شاکر وەك جێبەجێکەر پێکهاتووە. پیتچنینو دیزاین لە بنکەی کۆمپیوتەری تیشك لە سلێمانی ئەنجام دراوە. گۆڤارەکە لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر چاپ کراوە.

## پێشمەرگە (یانەی وەرزشی)

یانەیەکی وەرزشییە لە٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٩ لە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی بیستو چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە لایەن جەبار فەرمانەوە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو جێگری لێپرسراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە سلێمانی کرایەوە.

ئامانجی یانەکە پەرەدانە بەتوانای جەستەییو بەهرەی وەرزشکارانەی پێشمەرگە. دوای بەدوای دامەزراندنی یانەکە، دەست بەپێکهێنانی چەند تیپێك لە بواری یارییەکانی تۆپی پێو باسکەو بالە کرا. یانەکە بەشداریی لەبەشێکی زۆری خولی پاڵەوانێتییەکاندا کردووەو هەر لەو ساڵەی یانەکەی تێدا دامەزرا، یانەکە لەخولی پاڵەوانێتیی جامی یاریی باسکەی سلێمانیدا بەشداری کردو پلەی یەکەمی خولەکەی بەدەستهێنا.

یەکەم لێپرسراوی یانەکە ئیسماعیل لالە ئەحمەدەو لە یەکەم دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکەدا رزگار عەبدولقادر لێپرسراوی کارگێڕیو حەمەی عەبۆل ڕاهێنەر بوو.

## پێشمەرگەی ناوشار (ڕێکخراو)

دەستەواژەیەکە بۆ ناساندنی شانە چەکدارەکانی ناوشار بەکار دەهێنرێت. ئەرکی شانە چەکدارەکان ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانە بوو لە ناو شارەکان لە دژی گەورە بەرپرسانی ڕژێمی بەعس و نۆکەرە لۆکاڵەکان. لە سەرەتادا شانەکان بەشێك بوون لەرێکخستنەکان بەڵام دواتر وا بەباش زانرا کە لەرێکخستنەکان جیا بکرێنەوە و وەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆ کار بکەن.

لە سلێمانی مێژووی پەیدابونی شانەی پێشمەرگەی ناوشار بۆ ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك چەند کادیرێك لەرێکخستنەکان جیا کرانەوە و ئەرکی ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانەیان لە ناو شاری سلێمانی لە دژی کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس و نۆکەرە خۆماڵییەکان پێ سپێردرا.

پاش ئەوەی ڕێکخراوەکە لە ٩ی کانونی دووەمی ١٩٧٧ سەرکەوتوو بوو لەکوشتنی ساڵح عانیی ئەندامی هۆبەی حزبی بەعس کە بەڕێوەبردنی فایلی زانکۆی سلێمانیی پێ سپێردرابوو، دەزگا ئەمنییەکان کەوتنە خۆ بۆ ئاشکراکردنی ڕێکخراوەکەو توانییان هەندێ سەرەداو بدۆزنەوەو لەسەرەنجامدا کۆمەڵێك لەئەندامانی ڕێکخراوەکەیان دەستگیر کرد. لە ٢٤ی نیساندا پێنج ئەندامی ڕێکخراوەکە لە زیندانی موسڵ لەسێدارە دران کە ئەمانە بوون: ئیسماعیل قاسم عەلی، محەمەد قاسم عەلی، خەسرەو عەبدوڵڵا حەمە ساڵح، نەسرەددین نەجمەددین و مستەفا قادر. پاش دوو ڕۆژ، چوار ئەندامی تری ڕێکخراوەکە لە

سێداره دران كه ئه‌مانه بوون: یاسین محه‌مه‌د حه‌سه‌ن، سه‌لاح مه‌جید قادر، فه‌ره‌یدون عه‌بدولقادرو محه‌مه‌د حسێن غه‌فوور.

ئه‌م جه‌زره‌به‌یه هه‌ڵسوڕانی رێكخراوه‌كه‌ی یه‌ك نه‌خست و ئه‌ندامی تر جێی شه‌هیده‌كانی گرته‌وه. رێكخراوه‌كه تا ناوه‌ڕاستی هه‌شتاكان به‌رده‌وام بوو له‌سه‌ر چالاكییه‌كانی له ناو شار.

له هه‌ولێر مێژووی په‌یدابوونی پێشمه‌رگه‌ی ناو شار بۆ ساڵی ۱۹۷۷ ده‌گه‌ڕێته‌وه، كاتێك كۆمیته‌ی هه‌رێمی هه‌ولێر به‌سه‌رۆكایه‌تیی عه‌بدولڕه‌زاق محه‌مه‌د عومه‌ر له چه‌ند ئه‌ندامێكی رێكخستنه‌كان، له‌وانه محه‌مه‌د عه‌جه‌م و حه‌سه‌ن نه‌جار، شانه‌ی پێشمه‌رگه‌ی ناو شاری پێكهێنا. پاش هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی كۆمیته‌ی هه‌رێمی هه‌ولێر له ساڵی ۱۹۷۸، كۆمیته‌ی ڕاپه‌ڕین له كاتی جیاجیادا چه‌ند شانه‌یه‌كی پێشمه‌رگه‌ی ناوشاری پێكهێنا و چه‌ند چالاكییه‌كی له ناو شار ئه‌نجامدا كه ده‌نگدانه‌وه‌یه‌كی زۆریان هه‌بوو.

له كه‌ركووك په‌یدابوونی شانه‌ی ناو شار بۆ ساڵی ۱۹۷۸ ده‌گه‌ڕێته‌وه، كاتێك كۆمیته‌ی ئاگر له چه‌ند ئه‌ندامێكی رێكخستنه‌كان چه‌ند شانه‌یه‌كی چه‌كداری پێكهێنا، به‌ڵام زێده‌ڕۆیی كردن له‌په‌ره‌پێدانی چالاكیی شانه‌كانی پێشمه‌رگه‌ی ناوشار، فشارێكی زۆری له‌سه‌ر رێكخستنه نهێنییه‌كان دروست كرد و بووه مایه‌ی ئاشكرابوونی ژماره‌یه‌كی زۆری كادیره‌كانی ناو رێكخستنه‌كان.

ساڵی ۱۹۸۳ پێداچونه‌وه‌یه‌ك به شێوه‌ی كاركردنی پێشمه‌رگه‌ی ناو شاره‌كان كراو هه‌وڵ درا هۆكانی ئاشكرابونی ژماره‌یه‌كی زۆری ئه‌ندامانی رێكخراوه‌كه بزانرێن و له‌م رووه‌وه لێكۆڵینه‌وه كرا. لێكۆڵینه‌وه‌كه كه ناوه‌ندی كۆمه‌ڵه‌ی ره‌نجده‌رانی كوردستان سه‌رپه‌رشتیی كردوه، پاش هه‌ڵسه‌نگاندنی شێوازی به‌ڕێوه‌چونی كاروباری رێكخراوه‌كه‌و میكانیزمه‌كانی كاركردن و دیاریكردنی هه‌ڵه و كه‌موكوڕییه‌كان، به چه‌ند ئه‌نجامێكی كارا گه‌یشت.

له حوزه‌یراندا ناوه‌ند گه‌ڵاڵه‌ی پلانێكی تێرو ته‌سه‌لی بۆ پێكهێنانی هێزی پێشمه‌رگه‌ی ناو شار ته‌واو كردو نیاز وابوو پلانه‌كه به دوو قۆناغ جێبه‌جێ بكرێ. له قۆناغی یه‌كه‌مدا ناوكێك بۆ هێزی پێشمه‌رگه‌ی ناو شار پێك بهێنرێ و هه‌موو پێداویستییه‌كانی گه‌شه‌كردنی بۆ دابین بكرێ و له قۆناغی دووه‌مدا هێزێكی تۆكمه‌ی پێشمه‌رگه بۆ شاره‌كان دروست بكرێ.

به‌پێی پلانه‌كه، وا به باش زانرابوو كه رێكخراوه‌كه به یه‌كجاره‌كی له رێكخستنه‌كانی ناو شار جیا بكرێته‌وه‌و هیچ په‌یوه‌ندییه‌ك له نێوانیاندا نه‌مێنێ. بۆیه، وا دانرا كه رێكخراوه‌كه راسته‌وخۆ به ناوه‌ندی كۆمه‌ڵه‌وه ببه‌سترێته‌وه‌و فه‌رمان له‌وه‌وه وه‌رگرێ. هه‌روه‌ها پلانه‌كه وای دانابوو كه مه‌فره‌زه‌ی بچوك بچوك له شاره‌كانی سلێمانی، كه‌ركوك، هه‌ولێر، دهۆك، خانه‌قین، به‌غدا، موسل و به‌سره پێك بهێنرێ. به‌ڵام له ڕوی كرداره‌كییه‌وه چالاكییه‌كان زۆرتر سلێمانی و هه‌ولێرو كه‌ركوكیان گرته‌وه‌و شوێنه‌كانی تریان نه‌ته‌نییه‌وه. له سلێمانی و هه‌ولێر رێكخراوه‌كه چالاكیی گرنگی ئه‌نجام داو ته‌نگی به ده‌زگا ئه‌منییه‌كان هه‌ڵچنی، به‌ڵام له هه‌مان كاتدا ده‌زگا ئه‌منییه‌كان له قۆناغی جیاوازدا ده‌ستی كاریگه‌ریان له رێكخراوه‌كه وه‌شاندو ژماره‌یه‌كی زۆری ئه‌ندامه‌كانیان ئاشكرا كرد. به‌پێی بڕیاری ناوه‌ندی كۆمه‌ڵه سه‌باره‌ت به پێكهێنانی هێزی پێشمه‌رگه‌ی ناوشار، جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه كرایه‌وه كه پێكهێنانی هێزه‌كه دوو ئامانجی هه‌یه، یه‌كێكیان دروست كردنی قورساییه‌كی ئه‌منییه له‌سه‌ر هێزه‌كانی حكومه‌تی عیراق له ناو شاره‌كان و دووه‌میان كردنی شاره‌كانه به «مه‌یدانی جه‌نگ و پێكدادانی پێشمه‌رگه‌و دوژمن».

لە هەڵسەنگاندنی گشتیدا، پلانەکە بەو چەشنەی کە داڕێژرا بوو، نەیتوانی مەبەستەکانی بەدی بێنێ، ئەویش لەبەر چەردەیەك هۆ، لەوانە کارایی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عیراق و پشت بەستنیان بە ئەزمونێکی درێژخایەن لە بەرپەرچدانەوەی رێکخستنە نهێنییە نەیارەکان و لە بەرامبەردا کەم ئەزمونیی چالاکیی چەکدارانەی ناو شارەکان. لە ئاکامدا نەتوانرا شەڕ بۆ ناو شارەکان بگوازرێتەوەو بە قەد ئەوەی کە ئومێدی لەسەر هەڵچنرابوو نەتوانرا فشارێکی زۆر لە رێی چالاکیی پێشمەرگەی ناوشارەوە لەسەر دەزگا ئەمنییەکان دروست بکرێ. بەڵام بەدەر لەم پلانە، هێزی پێشمەرگە هەر بەردەوام بوو لەسەر فراوان کردنی کایەی چالاکییەکانی بە چەشنێك کە رێژەیەکی بەرچاوی چالاکییەکان بۆ ناو شارەکان گوازرانەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، پێشمەرگەکانی ناو شار، لە چوارچێوەی تواناو دەرفەتەکاندا، سەرکەوتنی بەرچاویان لەجموجوڵدا بەدەست هێنا کەدەزگا ئەمنییەکانی پێ پەرێشان کرا تا ئەو ئەندازەیەی کە وای لێ هات دەزگا ئەمنییەکان بەشێکی زۆری هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ دۆزینەوەی شانە چەکدارە نهێنییەکان تەرخان کردو هەموو رێوشوێنێکیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی شانە چەکدارەکان گرتە بەر.

## پاشکۆ
## دەقی بڕیاری پێکهێنانی ناوکی هێزی پێشمەرگەی ناوشار
## (١٩٨٣)

لەپێناوی پێکەوە گرێدانی خەباتی پارتیزانیی شاخ و خەباتی پارتیزانی لە شارەکانداو دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێی چەکدارانە لە شارەکانی عیراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە قورساییەکی سەربازی لەسەر رژێم دروست بکا و شارەکانیش ببنە مەیدانی جەنگ و پێکدادانی پێشمەرگە و دوژمن، بۆ ئەم مەبەستە بڕیارمان دا:

١-لەهەموو شارەکانی سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، دهۆك، خانەقین و قەزا گەورەکانی کوردستان و لە شارە گرنگەکانی وەك بەغداو موسل و بەسرە لە عیراقدا، چەند مەفرەزەیەکی بچوك بچوکی پێشمەرگە دروست بکرێن.

٢-دەبێ ئەو مەفرەزانە لە یەکتر جیاواز بن، یەکتر نەناسن و هەر یەکەیان سەربەخۆ کار بکەن.

٣-ئەو مەفرەزانە راستەوخۆ بە ناوەندی کۆمەڵەوە دەبەسترێنەوە یان لە لایەن نوێنەرێکی ناوەندەوە ئاراستە و سەرپەرشتی دەکرێن.

٤-هەموو پێویستییەکانی کاری پێشمەرگەیی لە لایەن ناوەندەوە تەئمین دەکرێ وەك چەك، تەقەمەنی، تەدریب، پارە، زانیاری لەسەر جۆری چالاکی.

٥-هەموو مەفرەزەیەك و مەفرەزەکانی هەر شارێك بە گوێرەی پێویستییەکانی خەبات و هەلومەرجی رۆژ، ئیش و ئەرکەکانیان بۆ دیاری دەکرێ.

٦-مەرجەکانی وەرگرتنی پێشمەرگەی ناوشار:

ا-هەموو کوردێکی دڵسۆز دەتوانێ ببێتە پێشمەرگە، چ لەرێکخستنەکاندا بێ چ لەدەرەوەی رێکخستنەکاندا بێ، بە مەرجێ یەکێکی بڕواپێکراو کەفالەتی بکات.

ب-ئافرەت بێ یان پیاو مافی بەشداربونی هەیە.

ج-کارو پیشەی هەر چییەك بێ (فەرمانبەر، دوکاندار، خوێندکار، کرێکار). بۆ ئەوەی گومانی لێ نەکرێ، لەسەر ئیشەکەی خۆی بمێنێتەوە.

د-دەبێ تا رادەیەك هۆشیاریی سیاسیی هەبێ، نەبەزو خۆڕاگر بێ، نهێنی پارێز بێ و ئامادەی قوربانیدان بێ.

ە-ئامادەی جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانانە بێت کە لە سەروی خۆیەوە بۆی دیاری دەکرێن.

و-بۆ شاردنەوەو پاراستنی، پاش وەرگرتنی رەزامەندیی ناوەند، دەتوانێ خۆی تێکهەڵکێشی یەکێك لە دەزگاکانی رژێم بکات.

ز-هەر هاوڕێیەك بەشداریی ئەم لەشکرە بکات، لە رێکخستن دادەبڕێ.

بەم بۆنەیەوە، بە سەرانسەری رێکخستن رادەگەیەنین کە ناوەند هەوڵ دەدا بۆ پێکهێنانی ناوکی هێزی پێشمەرگەی ناوشار، بۆیە هەر کەسێك ئامادەیی بەشداربونی تێدایە، پێویستە نامەیەك راستەوخۆ بنێرێ بۆ ناوەند و ئەم زانیارییانەی تێدا رون بکاتەوە:

-ناوی نهێنیی خۆی.

-تەمەنی.

-ئەو کارانەی دەیزانێ (لێخوڕینی ئوتومبیل، ماتۆر، پاسکیل).

-دۆخی ماددیی خۆی.

-ئایا سەربازی یان پۆلیسیی کردووە؟

-پێشتر پێشمەرگایەتیی کردووە؟

-پێویستە شانەو پۆل و کەرتەکە دیاری بکات تاکو ناوەند بتوانێ وەڵامی لێ بگێڕێتەوەو پەیوەندیی پێوە بکات.

لە کۆتاییدا هیواداریین لە سەرانسەری رێکخستندا زۆر بەجددی و بە پەرۆشەوە بکەونە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەو دۆزینەوەی کەسانی چاك و ئازاو دڵسۆز بۆ پێکهێنانی ئەم هێزە مەزنە.

بۆ پێشەوە رووەو سەرکەوتن.

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

ناوەند

بابەتی پەیوەندیدار:

* چوار ریانی سەرچنار (روداو)

* فولکەی زیندان (روداو)

## پێشهات (گۆڤار)




وەرزە گۆڤارێکی گشتییە، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٧دا لە لایەن کۆمیتەی رێکخستنی ئەڵمانیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرچووە. لە ژمارە بەراییەکاندا پابەندبونی حزبی بە روونی بە گۆڤارەکەوە دیارە، بەڵام لە ژمارە ٣ بەدواوە کە لە ئەیلولی ٢٠٠٣ دەرچووە، گۆڤارەکە دورنمایەکی گشتیتری بەدەست هێنا، چوارچێوە کلاسیکییەکانی پابەندبونی حزبیی تێپەڕاندو روبەرێکی فراوانتری ئازادیی دەربڕین و شیکردنەوەی دابین کرد. دواتر، لە رەوتی بەردەوامبون لەسەر ئەم ریتمە، لە ژمارە ١٣ بەدواوە کە لە بەهاری ٢٠٠٦ دەرچووە، بۆ فراوانتر کردنی پانتایی بڵاوبونەوەی و فەراهەم کردنی مەودایەکی بەربڵاوتر بۆ ئافراندن و دەربڕین، گۆڤارەکە

پابەندبونی حزبیی کاڵتر کردۆتەوەو بۆتە گۆڤارێك کە لە لایەن دامەزراوەیەکەوە بە ناوی ناوەندی رۆشنبیری و پەخشی پێشهاتەوە دەردەچێت.

حەمە زیاد مەولود، بەرپرسی ناوەندی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەڵمانیا، بە خاوەنی بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارەکە دادەندرێ و هەر خۆیشی دەستەیەکی ئامادەکاری بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەکەو دابین کردنی پێداویستییەکانی دەرکردنی گۆڤارەکە لە سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵلا، قادر مینە وەرتی و عەبدولموئمین دەشتی پێکهێناوە. دەستەکە پشتگیریی حەمە زیاد مەولودی کرد کە پێشنیاری کردبوو گۆڤارەکە ناو بنرێ «پێشهات». هەڵبژاردنی ئەم ناوە پەیوەندیی بە بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٣وە هەیە. لە سەرەتای ئەو ساڵەدا، کاتێك بیر لە دەرکردنی گۆڤارەکە کرایەوە، چاوەڕوانی هێرشێکی گەورەی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ سەر عیراق دەکراو پێشبینیی ئەوەش دەکرا کە ناوچەکە بەرەو پێشهات و رووداوی گەورە دەڕواو رەوشی ئایندەی ناوچەکە پێویستی بە خوێندنەوەی دروستترو تێگەیشتنی وردتر دەبێ. لەم سۆنگەیەوە بیر لەوە کرایەوە کە گۆڤارێك بۆ کۆکردنەوەی تێڕوانینەکان و شیکردنەوەی ئاراستەکان دەر بکرێ تا ببێ بە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرچاو روونی و خوێندنەوەی دروستی رەوتی رووداوەکان.

گۆڤارەکە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٧ پانزە ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لە ئازاری ٢٠٠٣ دا دەرچووەو ژمارە ١٥ کە دوا ژمارەیە لە هاوینی ٢٠٠٧ دەرچووە، لەوانە ژمارە ٧-٨ و ١٠-١١ ژمارەی دوانەیین. هەموو ژمارەکان لە چاپخانەیەکی شاری نۆرنبێرگ لە ئەڵمانیا چاپ کراون و لە رێگای پۆستەوە دابەش کراون.

گۆڤارەکە دوو سەرنوسەری بەخۆیەوە دیوە. یەکەمیان حەمە زیاد مەولودە کە لە ژمارە بەراییەکاندا وەك بەڕێوەبەری گۆڤار ناوی هاتووەو بە کردەوە ئەرکی سەرنوسەری لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام لە ژمارە ١٣دا گۆڤارەکە چۆتە قۆناغێکی پرۆفیشناڵترو ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی بۆ دانراوەو حەمە زیاد مەولود بۆتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە، لەو لاشەوە قادر مینە وەرتی لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گرتۆتە ئەستۆو سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵلا بۆتە سکرتێری نوسین. یەکەم دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە لە ئازاد وەرتی، برایم جەلال، سالار حەمەسور باسیرە، سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵلا، عەبدولموئمین دەشتی و قادر مینە وەرتی پێکهاتووە. لە ژمارە ٢ دا دەستەکە پێشڕەو برایم سەعیدی بۆ زیاد کراوە، بەڵام لە ژمارە ٥ دا ناوی لە دەستەکە نەماوە. لە ژمارە ٦ دا کە لە حوزەیرانی ٢٠٠٤ دا دەرچووە، ئازاد وەرتی، لە دەستەکە نەماوە. لە ژمارە ٩ دا هەر یەك لە خالید بازیانی و شەفیق حاجی خدر بونەتە ئەندامی دەستەی نوسەران. لە ژمارە ١٣دا سالار حەمەسور باسیرە لە دەستەی نوسەران نەماوە. هەر لەو ژمارەیەش لێپرسراوەتییەکان گۆڕانیان بەسەردا هات: بەمجۆرە، قادر مینە وەرتی و سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵلا دەستەی نوسەرانیان بەجێ هێشت، یەکەمیان بووە سەرنوسەرو دووەمیان بووە سکرتێری نوسین. ئەوانەش کە لەدەستەی نوسەران مانەوە ئەمانە بون: برایم جەلال، عەبدولموئمین دەشتی، خالید بازیانی و شەفیق حاجی خدر. لە ژمارە ١٤دا شەهاب عوسمان بۆ دەستەی نوسەران زیاد کرا. لە ژمارە ١٥دا کە دوا ژمارەی گۆڤارەکەیە، دەستەی نوسەران لە عەبدولموئمین دەشتی، شەفیق حاجی خدر، برایم جەلال، خالید

بازیانی و شەهاب عوسمان پێکهاتبوو، ئەم دەستەی نوسەرانە دوایین دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەیە.

لە ڕوی تەکنیکەوە، دیزاینی گۆڤارەکە بە دیزاینێکی پێشکەوتوو دادەنرێ و کارەکەش لە ئەستۆی حەمە زیاد مەولوددا بوو. کاروباری هەڵەبڕی و چاککردنەوەی زمانەوانی و تایپ کردنی بابەتەکان، سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵلا و حەمە زیاد مەولود پێکەوە جێبەجێیان کردووە. گۆڤارەکە بە تیراژی ٥٠٠ دانە دەرچووەو ژمارەی لاپەڕەکانی لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کەوتۆتە نێوان ١١٢و ٢٠٤ لاپەڕە. لە ڕوی قەبارەوە، جیاوازییەکی کەم لە نێوان ژمارەکاندا هەیە.

گۆڤارەکە سیستمی جیاوازی بۆ دیاری کردنی کاتی دەرچون بەکار هێناوە کە هەندێ جار ئالۆزیی لێ دروست بووە. لە بەراییدا لە یەکەم ژمارەدا تەنها ساڵەکە دەستنیشان کراوە، بەڵام لە ژمارە ٢ بەدواوەو بۆ چەند ژمارەیەك سیستمی مانگ و ساڵ بەکار هێنراوە، پاشان لە ژمارەکانی تردا، بەتایبەتی لە ژمارەکانی کۆتاییدا، گۆڤارەکە چۆتە سەر بەکارهێنانی سیستمی وەرزو ساڵ.

«پێشهات» ئاستێکی بەرزی بڵاوبونەوەی لە ئەوروپا بەدەست هێناوەو چەردەیەك بابەتی بڵاوکردۆتەوە کە لە روی زانستییەوە ئاستێکی بەرزیان هەبووە، هەروەك چەند بابەتێکیشی وروژاندوە کە بە شێوەیەکی گشتی لە روی رۆشنبیریی سیاسییەوە سودێکی زۆری هەبوە، سەرباری ئەوەی کە یەکەم گۆڤاری کوردی بووە کە بەدواداچونی تەواوی بۆ دادگایی کردنی ڤان ئارت، بازرگانی کەرەستەی چەکی کیمیایی، کردوەو هەموو دادگایی کردنەکەی دیکۆمێنت کردوە. بە شێوەیەکی گشتی، گۆڤارەکە بایەخێکی شایستەی بە چەند بابەتێکی شایستە داوە لەوانە پرنسیپەکانی دیموکراسی، قەیرانی دەسەڵات لە کوردستان، سکولاریزم، نوێکردنەوەی حزب، دیاردەی تیرۆرو مەترسییەکانی، کۆمەڵی مەدەنی، چاکسازی و بەربەستەکانی بەردەمی، فیدرالیزم، ئیسلامی سیاسی، مافەکانی مرۆڤ، تراژیدیای ئەنفال، پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت، کاروباری پەروەردەو فێرکاری.

ژمارەیەکی زۆر نوسەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە حەمە زیاد مەولود، سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵلا، رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، عەبدولموئمین دەشتی، شەماڵ بابان، کرمانج هاریکی، جەلال حاجی زادە، شاهۆ تۆفیق، قادر مینە وەرتی، تەلعەت تاهیر، شەفیق حاجی خدر، شەوقی عەزیز، ئیسماعیل تەنیا، عەبدوڵلا سەراج، ئیسماعیل ئیبراهیم رواندزی، شەهاب عوسمان، بورهان ئەمین، نەجات روستی، جەمال حسێن، مەحمود رەزا، خالید بازیانی، برایم جەلال.

## پێشەوا تاڵەبانی



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و سەرنوسەری گۆڤاری «رێبازی نوێ». ناوی تەواوی پێشەوا شەرەف نورولڵلا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی کەڵکانی بناری چیای کۆسرەت لە قەزای دوکان. ساڵی ١٩٦٤ لەکۆیە خراوەتە بەر خوێندن و تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی

لەوێ خوێندویەتی. ساڵی ١٩٦٧ماڵیان چۆتە بەکرەجۆو لەوێ درێژەی بە خوێندن داوەو ساڵی ١٩٧٠ لەکۆیە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. خوێندنی ناوەندیی لەکۆیەو دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥ لە کۆلیجی ڤێتێرنەریی زانکۆی بەغدا دەستی بە خوێندن کردووە.

ژیانی سیاسیی لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان دەست پێدەکا، کاتێك دەبێتە ئەندام لەڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. بەڵام دەستپێکی راستەقینەی ژیانی سیاسیی کەوتۆتە ساڵی ١٩٧٥، کاتێك لە بەغدا پەیوەندی بەڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەکاو دواتریش لە ڕیزەکانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان کار دەکا.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوزەنگ گیرسایەوە. سەرەتا لە مەکتەبی سکرتاریەتی تاڵەبانی کاری کرد. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەراندا پچڕاندو وەك کادیری هێڵی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کرد.

لە ساڵی ١٩٨٢دا بەشدار بوو لە یەکەم کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی هێڵی گشتی لەگوندی توژەڵە کە تێیدا پرنسیپی یەکخستنی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان پەسند کراو لەم بارەیەوە بە ئەندامی ئەو لیژنەیە هەڵبژێردرا کە پێی راسپێردرا وتوویژ لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆشیالیستدا بکا. لە کۆتاییدا، هەوڵەکان بەو سەرەنجامە گەیشتن کە هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان یەکیان گرتەوەو یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان پێکهێنا.

لەم قۆناغەدا دوا بەدوای دامەزراندنی مەکتەبی راگەیاندنی رێکخراوە تازەکە، لەگەڵ هەر یەك لە مەحمود خۆشناوو فەرید زامدارو چەتۆ حەوێزی بووە ئەندام لەو مەکتەبە. لەو ماوەیەدا لەگۆڤاری «کوردایەتی»ی ئۆرگانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کاری کردووەو هەر خۆیشی ئەم ناوەی بۆ گۆڤارەکە پێشنیار کردووەو بابەتی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

لەکۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا لە ساڵی ١٩٨٣ لەگوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو دوای کۆنفرەنس لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی راگەیاندنی گرتە ئەستۆ. لەکۆنفرەنسی دووەمدا کەساڵی ١٩٨٤ لە مێرگەپان بەسترا، بۆ جاری دووەم بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

ساڵی ١٩٨٥ چووەتە بریتانیا، لەوێ درێژەی بە خوێندن داوەو بڕوانامەی دبلۆم و ماجستێری بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ کوردستان. لە ساڵی ١٩٩٣دا لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤاری «رێبازی نوێ»ی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٩٤دا کرایە ئەندامی مەکتەبی هۆشیاریو روناکبیری، ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکەش بە مەکتەبەکە سپێردرا، بۆیە پێشەوا تاڵەبانی وەك سەرنوسەر درێژەی بە کارکردن دا لەگۆڤارەکە.

پاش لەبەریەك هەڵوەشانەوەی مەکتەبی هۆشیاری و روناکبیری، گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی رێکخستن و لەوێ وەك ئەندامی مەکتەبی رێکخستن کاری کردو پاشان لێپرسراوەتیی پەیمانگای کادیرانی مەکتەبی رێکخستنی پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩٦ بۆ جاری دووەم لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤاری «رێبازی

نوێ»ی گرتۆتەوە ئەستۆ بەڵام لەو قۆناغەدا تەنها یەك ژمارەی لەگۆڤارەکە لە هەولێر دەرکردووە چونکە دەستێوەردانی رژێمی عیراق لە شەڕی ناوخۆ بە قازانجی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەو ئاکامە گەیشت کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەولێری بەجێ هێشت و بارەگاکانی بۆ سلێمانی گواستەوە.

لە ساڵی ١٩٩٨دا گەڕایەوە بۆ بریتانیا. لە دەرەوەی وڵات چەند وتارو لێکۆڵینەوەیەکی لەگۆڤارەکانی «پەیڤ» و «مەڵبەند» بڵاوکردۆتەوە.

لە٣ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ دا لە شاری لەندەن بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ڕێ و رەسمێکی شایستە لە کۆتایی پرسەکەی، لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی رێك خرا. راگەیەندراوی فەرمیی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی، هاوخەمیی خۆی بە بنەماڵەکەی راگەیاندو تێیدا هاتبوو کە ناوبراو «بەشی زۆری ژیانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان تەرخان کردبوو».

## پێنجوێن (تیپ)

تیپی ٣١ی پێنجوێن. ساڵی ١٩٨٢ دامەزراوە. لە بنەڕەتدا درێژەپێدانی تیپی ٣١ی بەرزنجەیە کە لە ساڵی ١٩٨٣ دا ناوەکەی کرایە تیپی ٣١ ی پێنجوێن. گۆڕینی ناوی تیپی ٣١ ی بەرزنجە بۆ تیپی ٣١ ی پێنجوێن پەیوەندیی بە ریزبەندیی کارگێڕییەوە هەیە کە تێیدا ناحیە سەر بە قەزایە، نەك بە پێچەوانەوە. سنوری تیپی ٣١ ی بەرزنجە پانتاییەکی فراوانی گرتبۆوەو چەند سەنتەرێکی شارستانیی گرنگی لەخۆ گرتبوو لەوانە ناڵپارێزو پێنجوێن و بەرزنجە کە لە ناویاندا پێنجوێن لە هەمویان گەورەتر بوو. زۆربەی ئەوانەی کە پێشنیاری گۆڕینی ناوی تیپی ٣١ ی بەرزنجەیان کردووە، پێشمەرگە و کادیرە پێنجوێنییەکان بون کە ناوی پێنجوێنیان بۆ تیپەکە لە بەرزنجە بە شایستەتر زانیوە. فاکتە جوگرافی و دیمۆگرافییەکان پشتیوانێکی بە هێزی پێشنیارەکە بون چونکە پێنجوێن هەم لە ژمارەی دانیشتواندا لە بەرزنجە گەورەتر بوو هەم لە روی سنورەوە فراوانتر بوو، جگە لەوەی کە ژمارەی پێشمەرگەو کادیرەکانی پێنجوێن زۆر لە ژمارەی پێشمەرگەو کادیرەکانی بەرزنجە زۆرتر بوو. ئەمەش نیشانی دەدا کە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم سەرکەوتنی پێشنیارەکەدا نەبوو.

ساڵی ١٩٨٣ پاش تێپەڕبونی کەمتر لە ساڵێك بەسەر پێکهێنانی تیپی ٣١ ی بەرزنجەدا، مەکتەبی عەسکەری و سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەزامەندییان لەسەر گۆڕینی ناوی تیپەکە بۆ تیپی ٣١ی پێنجوێن نیشاندا.

گۆڕینی ناوی تیپەکە کاریگەریی لەسەر سنوری تیپەکە نەبوو، هێزی پێشمەرگەی تیپەکەش وەکو خۆی مایەوە و هیچ ئاڵوگۆڕێك بە فەرماندەکانی نەکرا. لەو قۆناغەدا تیپەکە بەشدارییەکی کارای لە چالاکییە عەسکەرییەکاندا کرد لەوانە ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج لە ساڵی ١٩٨٥ کە هێزەکانی عیراق تێیدا ٥٤٠ سەربازیان لەدەستدا.

تیپەکە تەنها یەك فەرماندەی تیپی هەیە، ئەویش جەمال محەمەد خواکەرەمە کە لە سەردەمی ئەودا تیپەکە ناوی پێنجوێنی هەڵگرت.

ساڵی ١٩٨٥ بڕیار درا تیپەکە هەڵبوەشێنرێتەوەو لەگەڵ تیپی ٣٣ ی سلێمانی لێك بدرێ. لە پرۆسەکەدا سنوری تیپەکە لەگەڵ سنوری تیپی ٣٣ی سلێمانی لێك دراو هێزی پێشمەرگەی تیپەکەش خرایە سەر هێزی پێشمەرگەی تیپەکەی تر. بۆ ناوەکەش، بڕیار درا ناوی هەردوو تیپ لێك بدرێ. لەم سەروبەندەدا

لە تیپی ٣١ی پێنجوێن و تیپی ٣٣ ی سلێمانی، تیپی ٣١ ی سلێمانی داهات و هەر لەم سەروبەندەشدا فەرماندەیی تیپەکە بە جەلال محەمەد محێدین ناسراو بە جەلال حەمەی محە سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*بەرزنجە (تیپ).

*سلێمانی (تیپ).

## پێنجوێن (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکیی پێشمەرگانە لە ناو شارۆچکەی پێنجوێن. لە ١٠ی تەمووزی ١٩٧٨دا پێشمەرگەکانی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ چوونە ناو شاری پێنجوێن و لە ئۆتۆمبێلێکی حکومییان دا کە بەڕێوەبەری ناحیەی گەرمك ئەحمەد ڕێبواری تێدا بوو، لە ئاکامی هێرشەکەدا ناوبراو بریندار بوو. پێشمەرگەکانیش بەبێ زیان لە پێنجوێن دەرچوون.

## پێنجوێن (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لە ناو شاری پێنجوێن. لە ئێوارەی ڕۆژی ١٤ی نیسانی ١٩٧٩ مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی لقی ١ چووە ناو شاری پێنجوێن و ماڵی چەند جاشێکی پشکنی. دواتر مەفرەزەکە چووە ناو فەرمانگەی پۆستەو دوو پۆلیسی گرت و دواتر ئازادی کردن.

پاشان بەپێی نەخشەیەکی دانراو، پێشمەرگەکان هێرشیان کردە سەر بارەگای دەزگای ئەمن و ڕەبایەی سەر ئۆرزدیباك. لە ئاکامی ئەم هێرشەدا کۆمیسێرێکی ئەمن و باشچاوەش و کارمەندێکی ئەمن و ٤ سەرباز کوژران.

## پێنجوێن (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی کەرتی ٤و کەرتی ١١ی هەرێمی ١ی هەورامان و لیژنەی ناوچەی پێنجوێنە لە ناو شاری پێنجوێن لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکانی هێزە هاوبەشەکە بەشەو چوونە ناو پێنجوێن و بۆسەیەکیان بۆ هێزێکی سوپای عیراق نایەوە. لە ئاکامی ئەو بۆسەیەدا ٧ سەرباز کوژران و ٥ سەربازی دیکەش بریندار کران.

## پێنجوێن (ڕاپەڕین)

ڕاپەڕینێکی جەماوەرییە لە ١٩ تا ٢١ی تەموزی ١٩٨٠ لە شاری پێنجوێن بە شێوەی مانگرتن و خۆپیشاندان و بەردبارانکردنی ماڵە جاش و سیخورەکانی ڕژێمی عیراق. ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆڵێکی کارایان تێدا گێڕاوە.

لە ١٨ی تەموزدا پێشمەرگەیەکی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ لە نزیك پێنجوێن لەگەڵ هێزێکی سوپا کەوتە شەڕەوەو توانی ئەفسەرێك بکوژێ و دوو سەرباز بریندار بکا، خۆیشی بە سەلامەتی دەرباز بوو. هێزەکەی سوپا لە تۆڵەی کوژرانی ئەفسەرەکە، گاوانێکی نزیك شوێنی ڕووداوەکەی بە ناوی دێوانە مەجید عەبدوڵڵا گرت و ڕاپێچی سەربازگەی کرد. بۆ ڕۆژی دواتر، تەرمی گاوانەکە بە شێواوی لە شوێنی ڕووداوەکە دۆزرایەوە.

کەسوکاری گاوانەکە تەرمەکەیان بە ڕێزەوە هێنایەوە بۆ ناو شارو هەر ئەوەندە دانیشتوانی پێنجوێن بە ڕووداوەکەیان زانی، ڕژانە سەر ئەو مزگەوتەی کە تەرمەکەی لێ دەشۆردرا. ڕێپێوانی هەڵگرتنی تەرمەکە بۆ ناشتن، بوو بە خۆپیشاندان و هوتاف کێشان دژی ڕژێمی بەعس. خۆپیشاندەران شەقامەکانیان بە بەردو بلۆك و گونیە خۆڵ گرت.

لەم سەروبەندەدا هێزێکی گەورەی سوپا گۆڕستانی حاجی شێخیان گەمارۆ داو قایمقام عادل بەکر عومەر قسەی بۆ خەڵکەکە کردو هەڕەشەی کرد کە ئەگەر واز لە خۆپیشاندان نەهێنن خراپیان بەسەر دێ. بەردەوامبوونی خۆپیشاندان، کاربەدەستانی شارەکەی تۆقاند. بۆیە ئێوارە پەیامێکیان بە موختاردا نارد کە ئامادەن گوێ لە داواکانی خۆپیشاندەرەکان بگرن. بەمجۆرە، خەڵکە راپەڕیوەکە لیستێکی داواکارییان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە حەوت داوا کە ئەمانەن:

١-لێپرسینەوە لە بکوژانی گاوانەکە.

٢-ئازادکردنی کەسوکاری ئەو پێشمەرگانەی تا ئەو دەمە گیرا بوون.

٣-رێگەدان بە گەڕانەوەی ئەوانەی بۆ باشووری عیراق دوورخرابوونەوە.

٤-گواستنەوەی ئامر لیوای پێنجوێن.

٥-رێگەدان بە هاتوچۆکردنی گوندەکانی دەوروپشت.

٦-کێشانەوەی هێزەکانی ناو شار.

٧-رێگەدان بە هاتوچۆکردن لە ناو شار بەشەو.

هەر ئەو شەوە، هێزەکانی سوپا ٩ هاووڵاتییان دەستگیر کرد لەوانەی کە بە ڕێکخەرو سەرکردەی خۆپیشاندانەکەیان دادەنان. بۆ رۆژی دواتریش، هێزێکی زۆری سوپا رژایە ناو شارو هەموو شوێنەکانی نێوان گەڕەکی چوارباخ و بەرکێوی گرت و خۆی بۆ سەرکوت کردنی خۆپیشاندان ئامادە کرد. ئەو رۆژە خۆپیشاندان هەر درێژەی کێشاو ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەران گیران.

بۆ رۆژی سێیەم، هێزەکانی سوپا سەرتاسەری شاریان گرت و ژمارەیەکی زۆری سەربازیان دابەزاند. بۆ نیوەڕۆ، سیروان جاف ئەمینداری ئابووری و دارایی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە پەلەپروزێ گەیشتە پێنجوێن و بەڵێنی بە خەڵکەکە دا کە ئەگەر بڵاوە بە خۆپیشاندان بکەن داواکانیان جێبەجێ دەکرێن.

دواتر کاربەدەستانی حکومەت بە بڵندگۆ بە ناو شاردا گەڕان و خەڵکەکەیان لەوە ئاگادار کردەوە کە هەر کەسێك تا سەعات ٥ دوکانەکەی نەکاتەوە، قفڵەکەی دەشکێنن و تاڵانی دەکەن. کاتێك مانگرتنی بازاڕ درێژەی کێشا، سەربازەکان کەوتنە شکاندنی قفڵی دوکانەکان و بەتاڵان بردنی شتومەکەکان.

لە ٢٢ی تەموزدا لەبەیانییەوە هاتوچۆ قەدەغە کراو سەربازێکی زۆر رژایە ناو شار. شاڵاوێکی فراوانی گرتنی خۆپیشاندەران دەستی پێکرد. رۆژی دواتر، ئارامییەکی بە زۆر سەپێنراوو کەشێکی پڕ تۆقاندن باڵی بەسەر شاردا کێشاو شاڵاوێکی گرتنیش دەستی پێکرد. هەر ئەو شەوە، پێشمەرگەکانی کەرتی ٣و ٥و ١١ی هەرێمی ١و کەرتی ٤ی هەرێمی ٣ بۆ پشتگیری کردنی راپەڕینەکە شاری پێنجوێنیان ئابڵوقە داو بەشێکیان دابەزینە ناو شارو لەو هێزانەی سوپایان دا کە خەریکی پشکنینی ماڵەکان بوون. لەکۆڵانەکانی شار شەڕی قورس روویدا کە پێشمەرگە چەکی ئار بی جیی تێدا بەکار هێنا. ئەو شەوە یەك زرێپۆش و سێ ئیڤا تێك شکێنران و دەوروبەری ١١٠ سەرباز کوژران و دەیانی تر بریندار بوون.

بەیانییەکەی، رێی هاتوچۆی سلێمانی- پێنجوێن قەدەغە کراو چەند هەلیکۆپتەرێك بۆ گواستنەوەی لاشەی سەربازە کوژراوەکان و گەیاندنی سەربازە بریندارەکان بەنەخۆشخانە بۆ پێنجوێن نێردران. هێزێکی زۆریش بەشاردا بڵاوکرایەوەو دەستی بەپشکنینی ماڵەکان کرد.

ئەم راپەڕینە لە هەموو ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی دەنگی دایەوەو لەزۆر شوێن هاووڵاتییان لەسەر دیوارەکان دروشمی پشتگیری کردنی خەڵکی پێنجوێنیان دەنوسی.

# ت


## تابان عەبدوڵڵا گەرمیانی



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی تابان عەبدوڵڵا تەیب. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٢ی خانەقین. خوێندنی سەرەتایی لە کەلار تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٥ باوکی بووەتە پێشمەرگە و خێزانەکەی لەگەڵ خۆی بردۆتە سنوری تیپی ٥١ گەرمیان. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تابان لە خوێندن دابڕێ. ساڵی ١٩٨٨ لە هێرشەکانی ئەنفالدا حەوت خوشك و برا و مامێکی شەهید کران. هەر ئەو ساڵە، خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بوو و لە کامپی ئاوارەکانی سەریاس لە شاری پاوە لە پارێزگای کرماشان گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا لەوێ درێژەی بە خوێندنی دا.

ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیی بە یەکێتیی ژنانی کوردستانەوە کرد و لەگەڵ وەسفیە بەنی وەیس کاری کرد. ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە شاری کەلار نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٩٢ کرایە ئەندامی کەرت لە کۆمیتەی ڕێکخستنی کەلاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٩٦ بووە کارگێڕی کۆمیتەی کەلار.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی ژنانی کوردستان




لە ساڵی ١٩٩٩، بە لێپرساوی لقی گەرمیانی یەکێتیی ژنان هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠١ بەشداریی لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد.

ساڵی ٢٠٠٣ بووە ئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی «زەنگ» لە کفری. هەر ئەو ساڵە لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی رادیۆی «تەوار»ی یەکێتیی ژنانی کوردستانی گرتە ئەستۆ کە یەکەم رادیۆی ژنانە لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق.

هەروەها لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ دا سەرپەرشتیی لیژنەی خانەقین و خورماتوی یەکێتیی ژنانی کرد. ساڵی ٢٠٠٤ بووە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ژنان و بەرپرسی بەشی ئامار.

ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانرا و لە کۆمیسیۆنی پشکنین و لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی سکاڵاکان کاری کرد. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. ساڵی ٢٠١٤ بووە ئەندامی ئەنجومەن لە مەکتەبی شەهیدان.

ساڵی ٢٠١٩، لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی گەرمیان، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٠ دا بە بڕیاردەری سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

دیارترین بەرهەمەکانی: «دەستکەوتەکانی ژنانی باشوری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢-٢٠١٤دا» (٢٠١٥).

## تاران (ڕێککەوتننامە)

ڕێککەوتننامەیەکە لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە شاری تارانی پایتەختی ئێران لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ واژۆ کراوە. ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە هەلومەرجی شەڕی ئەو کاتەی نێوان عیراق و ئێراندا، لەگەوهەردا هاوپەیمانییەکی سیاسی- عەسکەری بوو لە نێوان هەردوولا بۆ هاوکاری کردنی یەکتری بە مەبەستی روخاندنی رژێمی بەعس. ئەگەرچی پێداویستییە عەسکەرییەکان بەسەر ڕێککەوتننامەکەدا زاڵن، بەڵام لایەنە سیاسییەکەی ڕێککەوتننامەکە زۆرتر خۆی لەوەدا دەنوێنێ کە هەردوولا یەکڕا بوون لەسەر پێویستیی هاتنە سەر کاری حکومەتێکی هەڵبژێردراو لە عیراقدا کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی هەوڵی ئێرانییەکان بوو بۆ هێنانە کایەی حکومەتێکی ئیسلامی- شیعی لە عیراقدا پاش روخاندنی رژێمی بەعس، هەروەها لە ڕێککەوتننامەکەدا ئێرانییەکان دژی ئەوە نەبوون کە کوردی عیراق لە چوارچێوەی عیراقدا مافەکانی خۆی بەدەست بێنێ.

هاندەری سەرەکیی ئێران بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە دڵنیابوونی بوو لە توانای هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەرقاڵ کردنی بەشێکی گەورەی سوپای عیراق، بەتایبەتی پاش ئۆپەراسیۆنی موشەکباران کردنی دامودەزگا نەوتییەکانی عیراق لە بابا گوڕگوڕو جەوەڵبۆرو چەمەبۆر لە ١٠ی تشرینی یەکەمدا. دوای ئەم ئۆپەراسیۆنە، ئێران بانگهێشتی تاڵەبانیی کرد. تاڵەبانی بەیاوەریی شاندێکی پێکهاتوو لە فەرەیدون عەبدولقادر،



دکتۆر کەمال خۆشناو، دارا حەفید، رەفعەتی مەلا و شێردڵ حەوێزی چوو بۆ ئێران و لەوێ چاوی بە گەورە لێپرسراوانی ئەو وڵاتە کەوت لەوانە هاشمی رەفسەنجانی سەرۆکی شورای ئیسلامیی ئێران، موحسین رەزایی جێگری فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران، موحسین رەفیقدۆست وەزیری سوپای پاسداران. پاش وتوویژ بۆ گەڵاڵەکردنی هاوپەیمانییەکی سیاسی- عەسکەری، هەردوولا گەیشتن بە رێککەوتنێك کە لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە تاڵەبانی واژۆی کردو لە لایەن ئێرانەوە محەمەد باقر زولقەدر سەرۆکی ستادی سوپای ئێران.

داخوازییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێککەوتننامەکە ئەمانەی خوارەوە بون:

-کۆماری ئیسلامیی ئێران کارئاسانیی پێویست بۆ دابین کردنی رێگای هاتوچۆی ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئێران و لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە فەراهەم بکات.

-ئێران کۆمەك و یارمەتیی پێویست بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە جەنگدا دژی سەددام حسێن و رژێمی بەعسی عیراق دابین بکات و پشتیوانیشی لێ بکات.

-لە روی داو دەرمان و پێداویستیی پزیشکییەوە، ئێران کۆمەك پێشکەش بە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات لە ناوچە رزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی یاخود دەرفەتی پێ بدا داو دەرمان و پێداویستیی پزیشکیی پێویست لە دەرەوە دابین بکاو لە رێی ئێرانەوە بیگوێزێتەوە بۆ کوردستانی عیراق.

-لە بواری کاروباری راگەیاندن و پێدانی زانیاری بە میدیاکان، وێڕای یارمەتیدان بە مەبەستی دابین کردنی بەشێکی پێداویستییە تەکنیکییەکان، کار بکرێ بۆ رێکخستنی کاروباری گواستنەوەی هەندێ لەو کەلوپەلانەی کە کڕدراون یان لە وڵاتانی تر وەرگیراون، بۆ ناو عیراق.

-سەبارەت بە دابین کردنی ئازوقە بۆ خێزانەکانی ناوچە رزگارکراوکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە رژێمی عیراق ئابڵوقەی ئابوریی بەسەریاندا سەپاندووە، کۆماری ئیسلامیی ئێران رێگا بدا ئەندامانی یەکێتی بتوانن ئازوقە و هەموو پێداویستییەکانیان لە شارو دێهاتەکانی ئێران بکڕن و بیگوێزنەوە بۆ عیراق.

-هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر ئاستی سەرکردە و فەرماندە و بەرپرسەکان، بتوانن هاتوچۆی ئێران بکەن و ئەو کەسانەش کە بە نیازن سەردانی وڵاتان بکەن بۆ بەشداری کردن لە کۆبونەوەو رێ و رەسمی تایبەتدا، بتوانن لە رێی ئێرانەوە سەفەر بکەن.

لەپەراوێزی ئەم رێککەوتنەدا، ئێران ناوبژیوانیی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کردو هەردوولای بۆ ئاشتبوونەوە هاندا، لە ئاکامدا هەر لەو ماوەیەی کە تاڵەبانی لە تاران بوو، رێککەوتنێکی دیکەشی، بە ناوبژیوانیی ئێران، بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ پارتیدا واژۆ کرد.

رێککەوتننامەی نێوان یەکێتی و ئێران بووە مایەی زیادکردنی گوشار لەسەر رژێمی بەعس، بەڵام لە بەرامبەریشدا گرژیی نێوان کوردو رژێمی بەعسی گەیاندە لوتکە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* کەرکوک (ئۆپەراسیۆن).

## تاران (خولی فەرماندەیی)

خولی فەرماندەیی تاران. خولێکە ساڵی ١٩٨٨ قەرارگای رەمەزانی سوپای پاسدارانی ئێران بەپێی رێککەوتنێك لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،

بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردۆتەوە. خولەکە بەپێی ئەو بەرنامەیە بەڕێوە چووە کە لە ئێران بۆ هێزی کۆماندۆ دانـراوە، بۆیە بە شێوەیەکی چڕ مەشقی رۆژانەی تێدا بوو، سەرباری هەندێ وانەی تیۆریکی.

خولەکە لە١٨ی شوبات دەستی پێ کردو لە٢٣ی ئـایار کۆتایی هـات، واتـە نزیکەی سـێ مانگی خایاندووە. ژمارەی پێشمەرگە بەشدارەکان ٧٠کەس بوو، بە جۆرێك هەڵبژێردرا بون کە ئاستی زانستییان لەدەرچوی ئامادەیی کەمتر نەبێ‌و هەر پێشمەرگەیەك لانی کەم سێ ساڵ پێشمەرگایەتیی کردبێ، سەرباری ئەوەی کە هەوڵ درابوو خەڵکی هەموو ناوچەکانی تێدا بێ. لە ڕوی تەمەنیشەوە، تەمەنی بەشداربووانی خولەکە لە نێوان ٢٤و ٣٤ ساڵدا بوو.

سـەرەتـا بـڕیـار بـوو خـولـەکـە لـە کـانـونـی یـەکـەمـی ١٩٨٧ دەست پێ بکا. بۆیە لەو مانگەدا پێشمەرگە دەستنیشانکراوەکان لە شاری سەقز کۆبونەوەو پاشان برانە سەربازگەیەك لەگەیلان غەرب لە پارێزگای کرماشان. بـەڵام لـەبـەر ئـەوەی لـەوێ پێداویستییەکانی خولەکە بەرێکوپێکی دابین نەکرابوو، پێشمەرگەکان پاش چەند رۆژێك گەڕانەوە بۆ کرماشان‌و لەوێشەوە برانەوە بۆ سەقزو تا ئەو کاتەی پێداویستییەکان دابین کران، لەوێ مانەوە.

لـە شوباتی ١٩٨٨دا برانـە سـەربـازگـەی ئیمام حوسەین لـە بـاکـوری تـاران. وانـەکـان بـە فارسی دەوترانەوەو عەبدوڵلا دڕەیی وەری دەگێڕایە سەر زمانی کوردی. بەرپرسی تیمی بەشداری خولەکە شوان قلیاسانی بوو.

پاش تەواوکردنی خولەکە، تیمەکە گەڕایەوە بۆ سەقز. لەوێ، نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆبونەوەی بە تیمەکە کردو دوای کۆبونەوەکە هەر پێشمەرگەیەکی بەشداری خولەکە پەیوەندیی بە تیپی خۆیەوە کردەوە.

ئەم خولە رۆڵێکی سەرەکیی لە پەیدابونی بیرۆکەی کردنی هێزی پێشمەرگە بە هێزێکی دیسپلیندار هەبوو. بۆیە ساڵی ١٩٨٩، کاتێك هێزی پێشمەرگە رێك خرایەوە، هەوڵ درا بە جۆرێك رێك بخرێتەوە کە ببێتە هێزێکی نیمچە دیسپلیندار لە قۆناغی بەراییداو هێزێکی دیسپلیندار لەدواییدا.

بەشداربوانی خولەکە بەپێی لێپرساوەتییەکانیان بەمجۆرە دابەش بون: ٢ جێگری فەرماندەی تیپ، ١٦فەرماندەی کەرت، ٦ جێگری فەرماندەی کەرت،



٢ فەرماندەی مەفرەزە،١١ پێشمەرگە، ٢ لێپرسراوی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ٧ ڕێکخەری تیپ، ٦ کادیری کۆمەڵایەتی، ٦ کادیری ڕێکخستن، ٧رابەری سیاسی، یەك کادیری ئۆفیسی پەیوەندییەکان، ٣ کادیری دارایی، یەك کادیری دەزگای بێسیم، لەوانە ٨ کەسیان پاش خولەکە لە کات و شوێنی جیاوازدا شەهید بون.

پاش خولەکە ٤ کەس لە بەشداربووەکان بونە مامۆستا لە خوێندنگەی پارتیزانەکان لەگوندی زەڵێ و ٢کەسی تر سەرەتا بونە مامۆستا لە خوێندنگەی پارتیزانەکان لەقاسمەڕەش و پاشان بۆ خوێندنگەی پارتیزانەکانی گوندی بلەکێ گوێزرانەوە.

## پاشکۆ

## ناوی بەشداربوانی خولەکەو شوێنی کارکردنیان

١-هەڵۆ قادر فەتاح (تیپی ٥١ی گەرمیان).

٢-سەلاح محەمەد حسێن (تیپی ٨٧ی قەرەچوغ).

٣-کارزان مستەفا عوسمان شەقڵاوەیی (تیپی ٩١ی سەفین).

٤-فەخرەددین عەبدوڵڵا حەمە سەعید ناسراو بە فەخرەددین هەورامی (تیپی مەڵبەندی یەك).

٥-لوقمان قادر ئیسماعیل (تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر).

٦-برایم مەولود حەسەن (مەڵبەندی دوو)

٧-شاخەوان کەریم دەروێش (تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر).

٨-جەلیل سادق خورشید ناسراو بە حاجی هەڵمەت (تیپی ٢١ی کەرکوك).

٩-ڕۆپیتان برایم ڕەسول (تیپی ٢٧ی تۆکمە).

١٠-دلێر عەبدوڵڵا تاقانە (تیپی ٩٣ی کۆیە).

١١-شێرکۆ محەمەد عەلی (تیپی ٢١ی کەرکوك)

١٢-کەمال عەبدوڵڵا تاماس (تیپی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی).

١٣-لوقمان عەبدوڵڵا شاسوار (تیپی ٥٥ی قەرەداغ).

٤- عومەر عەلی حەمە عەزیز ئاوکورتەیی (تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون).

١٥-ئاراس ڕەئوف محەمەد (تیپی مەڵبەندی دوو).

١٦-ئامانج فاتیح عەبدولواحید (تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر).

١٧-حیکمەت نیعمەت عەلی ناسراو بە سەید حیکمەت (تیپی ٩٣ی کۆیە).

١٨-رزگار جەعفەر سەید عەلی ناسراو بە رزگار هاودیانی (تیپی ٩٩ی بیتوێن).

١٩-محەمەد مستەفا سەقەر ناسراو بە حەمە سەقەر (تیپی ٢١ی کەرکوك).

٢٠-ئاسۆ سابیر عومەر (تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر).

٢١-عەبدوڵڵا حسێن مستەفا ناسراو بە عەبدوڵڵا دڕەیی (تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو).

٢٢-ئازاد ڕەحمان مەولود (تیپی ٩٠ی باواجی).

٢٣-کاوە حەویز قادر ناسراو بە هاوڕێ کاوە (تیپی ٢٥ی خاڵخالان).

٢٤-سەلاح محەمەد محێدین خدر ناسراو بە سەلاح دوزی (تیپی ٥١ی گەرمیان).

٢٥-یوسف عەزیز عەلی ناسراو بە دڵشاد (تیپی ٥٣ی شێروانە).

٢٦-مەریوان حسێن برایم (تیپی ٥٧ی سەگرمە).

٢٧-عەبدولڕەحمان باپیر محەمەد ناسراو بەمەلا ڕەحمان (تیپی ٦٥ی بلفەت).

٢٨-شۆڕش عومەر ئەبوبەکر (تیپی ٨٧ی قەرەچوغ).

٢٩-سەلاح حەویز رەسول (تیپی ٩٠ی باواجی).
٣٠-زیرەك خدر محەمەد ئەمین (تیپی ٩٣ی کۆیە).
٣١-محەمەد حسێن مستەفا مەخموری (تیپی ٨٧ی قەرەچوغ)
٣٢-سالار رەسول محەمەد مەعروف ناسراو بە شێخ سالار (تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو).
٣٣-رەوەند مەحمود (تیپی ٢١ی کەرکوك).
٣٤-شۆڕش سەید مەجید (مەڵبەندی سێ).
٣٥-هەڵمەت رەئوف خەلیفە (تیپی ٢١ی کەرکوك).
٣٦-رزگار ئەحمەد عەبدوڵڵا (مەڵبەندی دوو)
٣٧-سامان ئەحمەد هۆشیار (ئۆفیسی پەیوەندییەکانی کرماشان).
٣٨-خالید عارف حەسەن ناسراو بە راپەر (تیپی ٢١ی کەرکوك)
٣٩-بەکر ئەحمەد عەبدوڵڵا (مەڵبەندی دوو).
٤٠-سامان عەبدولرەحمان ناسراو بە سامانە سور (تیپی مەڵبەندی دوو).
٤١-جەمال عەلی ئەحمەد ناسراو بە جەمالی عەلی ئاغا (تیپی ٥٥ی قەرەداغ).
٤٢-عەبدولخالق حسێن سلێمان (تیپی ٩١ی سەفین).
٤٣-رۆستەم مەحمود نادر کۆکۆیی (تیپی ١١ی هەورامان).
٤٤-حەسەن کەریم مەحمود (تیپی ٥٧ی سەگرمە).
٤٥-دارا عەبدولوەهاب ئەسعەد (تیپی ٩٣ی کۆیە).
٤٦-کازم حەسەن تەها (تیپی ٩٩ی بیتوێن).
٤٧-دەشتی محەمەد ئەمین (تیپی ٩٠ی باواجی).
٤٨-ئەبوزێد تەها عەزیز (تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر).
٤٩-ئەحمەد محەمەد رەشید (تیپی ٣١ی سلێمانی).
٥٠-خاڵە حاجی شەفیق (تیپی ٩٣ی کۆیە).
٥١-سەلاح موراد مستەفا (تیپی ٩٩ی بیتوێن).
٥٢-عەبدوڵڵا عەزیز شاسوار ناسراو بە عەبدوڵڵا سیاسی (تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو).
٥٣-دڵشاد محێدین (تیپی ٣١ی سلێمانی).
٥٤-یوسف حازم محەمەد عومەر (تیپی ٢١ی کەرکوك).
٥٥-عومەر حەسەن قادر ناسراو بە عومەر پاڵەوان (تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون).
٥٦-عومەر ئەحمەد پیرۆت (تیپی ٦٣ی جوتیاران).
٥٧-شکور مەحمود بایز (تیپی ٨٥ی بەڕانەتی).
٥٨-عەبدولقادر فەتحوڵڵا ئەحمەد (تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو).
٥٩-وەیس ئەحمەد سابیر (مەکتەبی دارایی).
٦٠-شێرزاد سالح تۆفیق (تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون).
٦١-موحسین فەتحوڵڵا رۆستەم (تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەك).
٦٢-فەوزی عەبدولڕەحمان ئەحمەد(تیپی ٢١ی کەرکوك).
٦٣-جەمال حەویز مستەفا (تیپی ١٩ی کۆڕەك).
٦٤-رەئوف رەزا ناسراو بە مەلا رەئوف (تیپی ٢٣ی سورداش).
٦٥-کەمال برایم حسێن (دەزگای دارایی مەڵبەندی یەك).
٦٦-هیوا سالح ئەحمەد (تیپی ٢٣ی سورداش).
٦٧-جەلال عەبدولڕەحمان برایم (تیپی ٤٣ی ئاسۆس).
٦٨-ئامانج عەبدوڵڵا عەلی (تیپی مەڵبەندی دوو).
٦٩-عوسمان مەحمود حەسەن سەنگەسەری (تیپی ٤٩ی سارا).
٧٠-هێمن عەزیز (تیپی٢١ی کەرکوك).

## تاران (ئۆفیسی پەیوەندییەکان)

ئۆفیسی نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تارانی پایتەختی ئێران. مێژوی کردنەوەی بۆ ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە. ئۆفیسەکە لە ئوتێلی پارس لە شەقامی سپەهبود قەرەنی لە ناوەندی شاری تاران کرایەوە. دکتۆر فوئاد مەعسوم یەکەم لێپرساوی ئۆفیسەکەیەو چەند کادیرێکیش لەویٚ یاریدەدەری بون لەوانە موحسین عەلی ئەکبەر و دلێر سەید مەجید. پاش بەلایەکدا کەوتنی ململانێی باڵەکان لە سیستمی سیاسیی ئێرانو زاڵبونی باڵی ئیسلامی بەسەر باڵی لیبرالەکانداو شکستی باڵی سەرۆکی کۆمار بەنی سەدر لە ساڵی ١٩٨٢، پەیوەندیی نێوان ئێرانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەو تێکچون هەنگاوی نا چونکە باڵی ئیسلامی لەو گۆشە نیگایەوە تەماشای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەکرد کەئەوەندەی لەباڵی لیبرالەکانەوە نزیك بووە ئەوەندە لەباڵی ئیسلامییەوە نزیك نەبوە.

تێکچونی پەیوەندییەکە گەیشتە رادەی داخستنی ئۆفیسی نوێنەرایەتیی یەکێتی لە تارانو دەستگیرکردنی هەموو کادیرەکانی، جگە لە دکتۆر فوئاد مەعسوم، بۆ ماوەی چوار مانگ. پێش دەستپێکردنی شاڵاوی گرتنەکە، دکتۆر فوئاد مەعسوم سەفەری بۆ سوریا کردبوو.

پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئێران تا ساڵی ١٩٨٥ بەگرژی مایەوە. ناکامیی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو حکومەتی عیراقو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان هەردولادا لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥، ئێرانییەکانی هاندا پێداچونەوەیەك بە فایلی پەیوەندییەکانی ئێرانو یەکێتیی نیشتمانیدا بکەن. لەو ماوەیەدا هەندێ دۆستی یەکێتی لە ناو حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ ئێراندا هەبوو، لەوانە وریا هاواری، هەندێ ئیشوکاری یەکێتییان لە ناو ئێران بۆ یەکێتی رایی دەکرد. لە ناو حزبی سۆسیالیستدا لێپرسراوانی بارەگای سورێنی حزبی سۆسیالیست، لەوانە محەمەد حاجی مەحمودو محەمەد شاکەلی، دەستێکی باڵایان لە هاندانی ئێران بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ یەکێتیدا هەبوو. یەکەم ئاماژەی گرنگ بۆ هەوڵە بەراییەکانی ئێران بۆ پەیوەندی کردن بە یەکێتیی نیشتمانییەوە، لەپەیامێکی حاجی مستەفەویدا دەردەکەوێ کە یەکێ لەکاربەدەستانی دەزگای ئیتتیلاعاتی پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا بوو. مستەفەوی بە سلێمان قەسابی ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا پەیامی بۆ یەکێتی نارد، تێیدا گوزارشتی لەوە کرد کەپێی باشە کۆنتاکت لە نێوان هەردولادا هەبێ. یەکێتی بەرەفیق پشدەریدا وەڵامی پەیامەکەی دایەوەو ئامادەیی بۆ دروست کردنی پەیوەندی دەربڕی. ئەم نامەو نامەکارییە گەیشتە ئەو ئاستەی کە مستەفەوی بە یاوەریی قەساب لە هاویندا گەشتی بە هەندێ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا کردو لەگوندی مالومەی دۆڵی جافەتی، لە بارەگای مەکتەبی دارایی کە نازم عومەر سەرپەرشتیی دەکرد، پێشوازیی لێ کرا. سەردانەکەو دیداری مستەفەوی لەگەڵ تاڵەبانیی سکرتێری گشتیی یەکێتیو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، رێیان بۆ گێڕانەوەی پەیوەندییەکان خۆش کرد. لە ناوەڕاستی هاویندا شاندێکی یەکێتی بە سەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم و ئەندامەتیی دارا حەفیدو رەفعەت مەلا عەبدولڕەحمان ناسراو بە رەفعەتی مەلا لەرێگای دۆڵی سەفرەو زەرونەوە چووە ئێران. دوا بەدوای گەڕانەوەی شاندەکە، شاندێکی باڵای ئێران کە لە٩ بەرپرسی باڵا پێکهاتبوو و تێکەڵاو بوو لەنوێنەرانی چەند وەزارەتو دەزگایەکی

جیا جیا، بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی سوپای پاسدارانی ئێران، سەردانی دۆڵی جافەتیی کردو لەگوندی یاخسەمەر پێشوازیی لێ کرا. لە کۆبونەوەکانی یاخسەمەر شێوەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە نێوان یەکێتی و ئێران لە دژی رژێمی عیراق و کردنەوەی ئۆفیسێك بۆ یەکێتی لە تاران تاوتوێ کرا.

شاندی ئێران دوای گەڕانەوەی، راپۆرتی باشی دەربارەی یەکێتیی نیشتمانیو هەلومەرجی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بۆ کاربەدەستانی ئێران بەرز کردەوەو ئێران لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی باشی ئەو راپۆرتانە، بڕیاریدا پەیوەندیی فەرمی لەگەڵ یەکێتی دابمەزرێنێو هاوکاریی بکا. دوا بەدوای ئەمە، ئۆفیسی یەکێتی لە شەهرەکی قودسی نزیک تاق بوستان لە کرماشان کرایەوە، رەفعەت مەلا کرایە لێپرسراویو مەحمود خۆشناو کرایە یاریدەدەری. چەند کادیرێکیش لەوانە موشیر حەمە غەریب و هەروەها دواتر هۆشمەند عەبدولکەریم (شاڵاو) بۆ رایی کردنی کاروباری نەخۆشو بریندارانی هێزی پێشمەرگە لە ئۆفیسەکە کاریان کرد. لە بەرامبەردا، ئێران بارەگای نوێنەرایەتیی لەگوندی یاخسەمەر کردەوە.

پەیوەندیی یەکێتیو ئێران دوای ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی باباگوڕگوڕو چەمەبۆرو جەوەڵ بۆر لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، هەنگاوی هەڕاوی بۆ پێشەوە نا. هەر ئەو مانگە، تاڵەبانی بانگهێشتی ئێران کراو پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. لەوێ رێککەوتنێکی سەبارەت بە هاوکاریی سیاسیو عەسکەریو میدیایی لەگەڵ ئێران واژۆ کرد. دوای واژۆکردنی رێککەوتنەکە، ئۆفیسی یەکێتی لەتاران بەلێپرساوەتیی محەمەد تۆفیق رەحیم کرایەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ محەمەد تۆفیق رەحیم وازی لە لێپرسراوەتیی ئۆفیسەکە هێناو هۆشمەند عەبدولکەریم (شاڵاو) جێی گرتەوە. ساڵی ١٩٨٨، بەکر فەتاح کرایە بەرپرسی ئۆفیسەکە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ یەکێتی چەند ئۆفیسێکی تری پەیوەندیی لە ئێران کردەوە لەوانە لە سەردەشت بەلێپرساوەتیی عەبدوڵڵا مام عەلیو عەزیز حەسەن عەزیز، لە بانە بەلێپرسراوەتیی کەمال عەلیو دواتر حەسەن جومعە، لە سەقز بە لێپرسراوەتیی دکتۆر کەمال خۆشناو.

ساڵی ١٩٨٨، دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، دانا ئەحمەد مەجید کرایە بەرپرسی ئۆفیسی تاران و هەر یەك لە یاسین سابیر حەسەن ناسراوە بە یاسینە رەش و سامان گەرمیانی کرانە یاریدەدەرەکانی لە ئیشوکاری ئۆفیسەکەدا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا عەبدوڵڵا عومەر، ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لێپرسراوەتیی ئۆفیسەکەی گرتە ئەستۆ. لە ماوەی ١٩٨٨ - ١٩٨٩دا چەند کادیرێکی پێشکەوتوو لە بواری جیاجیادا کاریان لە ئۆفیسی تاران کردووە لەوانە موشیر حەمە غەریب و مەنسور یوسف مستەفا. ساڵی ١٩٨٩ ئۆفیسی تاران گوێزرایەوە بۆ کرماشانو تا ساڵی ١٩٩١ وەك ئۆفیسی سەرەکیی پەیوەندییەکانی حزب لە ئێران مایەوە.

ساڵی ١٩٩١ ئۆفیسی سەرەکیی پەیوەندییەکانی یەکێتی گەڕایەوە بۆ تارانو ئەوەی کرماشان وەك ئۆفیسێکی لاوەکی مایەوە. لێپرسراوەتیی ئۆفیسەکە بە عەبدولکەریم حاجی سپێردراو لەو ماوەیەدا بارەگایەکیش لە شاری مەریوانو بارەگایەکی دیکەش بۆ ماوەیەکی کەم لە شاری سنە کرانەوە. ساڵی ١٩٩٣، پاش هەڵایسانی شەڕ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بزوتنەوەی ئیسلامی، پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ئێران تێکچوون

و حزب هیچ بارەگایەکی لە ناو خاکی ئێران نەما، بەڵام لە کۆتایی ساڵی دواتـردا پەیوەندییەکان تا رادەیـەک ئاسایی بوونەوە و یاسین سابیر حەسەن نوێنەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لە ئێران. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦،دا پەیوەندییەکانی ئێرانو یەکێتی گەشەیان کردو عەبدولکەریم حاجی لێپرسراوەتیی پەیوەندییەکانی لە ئێران پێ سپێردرا بەڵام لە مـاوەی نێوان ئەیلول و تشرینی دووەمـدا سەعدی ئەحمەد پیرە لێپرسراوەتیی نوێنەرایەتی کردنی یەکێتیی لەکرماشان گرتە ئەستۆ. هەر لەو ماوەیەشدا نوێنەرایەتییەکی یەکێتی لە شاری نەغەدە کرایەوە. دوای گەڕانەوەی پیرە بۆ کوردستان و بونی بەوەزیری تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم، شێردڵ حەوێزی لە کۆتایی هەمان ساڵ بەلێپرسراوی ئۆفیسەکە دانراو هەر ئەو ساڵە ئۆفیسەکە گەڕایەوە بۆ تارانو ئـەوەی کرماشان وەك ئۆفیسێکی لاوەکی مایەوە. ساڵی ١٩٩٨بەهرۆز گەڵاڵی لێپرسراوەتیی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی تارانی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠١ گەڵاڵی بە هەمان پلە بۆ ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا گوێزرایەوەو دانا ئەحمەد مەجید بۆ جاری دووەم کرایە بەرپرسی ئۆفیسی تاران. ساڵی دواتر، نازم عومەر کە لە ساڵی ١٩٩٩ وە نوێنەری یەکێتی بـوو لە ئێران بۆ کاروباری ئابوریو بازرگانی، لێپرسراوەتیی ئۆفیسی تارانی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٨ ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لـە تـاران داخـرا، لـە شوێنی ئۆفیسەکە بـارەگـای نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوەو نازم عومەر بووە یەکەم نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئێران.

بارەگای نوێنەرایەتیی یەکێتی لە تاران لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٦-٢٠٠٨ سێ شوێنی بەخۆیەوە دیوە. سەرەتا لەگەڕەکی سەبەلان بوو لە ناو شارو دواتر گوێزرایەوە بۆ حسێن سیف لەگەڕەکی قەرچەك لە باشوری تـاران و دواتـر لەگەڕەکی شەهرك غەرب گیرسایەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* کەرکوک (ئۆپەراسیۆن).

* تاران (ڕێکەوتننامە).

* ڕێککەوتنی هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## تازەشار (شەڕ)

شەڕێکی گـەورەیـە لـە نـێوان هێزەکانی عیراق لە لایـەك و کەرتی ١ی تیپی ٥١ی گەرمیان و پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی ٤ی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هێزی پشتگیریی گەرمیان لە لایەکی ترەوە لە ٩ی نیسانی ١٩٨٨ لە چوارچێوەی شاڵاوی سێیەمی ئەنفال کە ماوەی نێوان ٧ تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ی گرتۆتەوە.

شەڕەکە لە ڕۆژی سێیەمی شاڵاوەکـەدا رویـدا. پێشتر لە ڕۆژی یەکەم و دووەمـی شاڵاوەکەدا دوو شەڕ قەوما بون، یەکێکیان لە گوندی تاڵاو و ئەوی تر لە گوندەکانی ساڵەیی، چەوری، باشتەپە، لفتی ئاغا و وارانی.

لە ٧ی نیساندا هێزەکانی عیراق گوندەکانی بنارگل و زەنگەنەیان تۆپباران کرد و پاشان هێزێکی گەورە روی کردە گوندی تاڵاو. پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گـەرمـیـان و پـارتـی کۆمۆنیستی عـیـراق و هێزی پشتگیری بەرەنگاری هێزەکە بونەوە و لە بەیانییەوە تا سەعات ٤ شەڕیان لەگەڵدا کرد. لە سەعات ٤ بەدواوە، هێزەکانی عیراق دەستیان بە کشانەوە کرد. ژمارەیەکی

زۆر کوژراو و برینداریان هەبوو، چەند لاشەیەکی کوژراوەکانیشیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ مان. لە تیپی ٥١ی گەرمیان یەك شەهید و لە پارتی کۆمۆنیست یەك بریندار هەبوو. هێزەکانی عیراق ئامانجەکانیان بەدی نەهێنا و هیچ شوێنێکیان پێ نەگیرا.

لە ٨ی نیساندا، لە ڕۆژی دووەمی شاڵاوەکەدا، هێزەکانی عیراق لە پێنج قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر گوندەکانی ساڵەیی، چەوری، باشتەپە، لفتی ئاغا و وارانی. شەڕێکی قورس لە هەموو قۆڵەکان ڕویدا. پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە هەموو قولەکان بەرەنگاری هێرشەکە بونەوە و ٣٠ سەربازیان لە هێزە هێرشبەرەکە کوشت و لاشەی هەر هەمویان لە بەردەستی پێشمەرگە مایەوە، سەرباری دەستگرتن بەسەر ٢٠ کلاشنکۆف و دوو ئوتومبیلی عەسکەریدا. لە قۆڵی لفتی ئاغادا، پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیست دەستیان بەسەر ئۆتومبیلێك و شۆفلێکدا گرت و لەو قۆڵە ١٥ سەرباز کوژران. هێزی پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان دوو شەهیدی بە ناوی تارق محەمەد عەلی و خەلیل ئیبراهیم هەبوو.

لە ڕۆژی سێیەمی شاڵاوەکەدا هێزێکی بەربڵاوی عیراق بە پشتیوانیی تانك و زرێپۆش، لە دوزخورماتوو و قادر کەرەمەوە، هێرشی کردە سەر گوندی تازەشار و گەمارۆی دا. لەو لاشەوە فڕۆکەکانی پیلاتۆز و هەلیکۆپتەر کوێرانەی کەوتنە بۆردومانکردنی ناوچەکە. پێشمەرگەکانی کەرتی ١ی تیپی ٥١ی گەرمیان و بەتالیۆنی ٤ی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە و بەرگرییان لە گوندەکە کرد. پاش نیوەڕۆ هێزەکانی عیراق نەختێك پێشڕەوییان کرد و بەشێکی گوندەکەیان کۆنترۆڵ کرد. بەشێکی هێزەکەی پارتی کۆمۆنیست کە لە ناو گوندەکە گەمارۆ درا بوو، توانی بازنەی گەمارۆکە بشکێنێ و بۆ گوندی شێخ حەمید بکشێتەوە. هێزەکانی تر تا ئێوارە بەردەوام بون لەسەر شەڕکردن. شەڕەکە بە شەهیدبونی ٢١ پێشمەرگە کۆتایی هات. لەوانە ١٣ پێشمەرگە لە تیپی ٥١ی گەرمیان و ٨ پێشمەرگە لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق. لە ناو شەهیدەکانی پارتی کۆمۆنیستدا ٣ پێشمەرگەی عەرەب هەبوو. هەندێ لە پێشمەرگەکان بە برینداری گیران و هەندێکی تریان پاش ئەوەی کە فیشەکیان پێ نەما بە دیل گیران. دواتر، تەرمی شەهیدەکان و بریندار و دیلەکان برانە سەربازگەی دوزخورماتوو، لەوێ بریندار و دیلەکان گوللەباران کران و پاشان تەرمی هەمویان پێکەوە خرانە ژێر گڵەوە.

پاش پانزە ساڵ لەم ڕوداوە، لە ٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٣دا، تەرمی شەهیدەکان بە ئامادەبونی خاتوو ئان کلود، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی وەزیرانی بریتانیا بۆ کاروباری مافی مرۆڤ ، لە گۆڕەکە دەرهێنران. ڕۆژی دواتر لە ڕێورەسمێکی شایستەدا، بە ئامادەبونی لێپرسراوە حکومییەکان و نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و جەماوەرێکی زۆر، تەرمی شەهیدەکان لە گۆڕستانی شەهیدان بە خاك سپێردرانەوە.

شەهیدەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان:

١-نازم ڕەشید ئەحمەد ناسراو بە نازم بچکۆل (کفری).

٢-فاروق ڕەشید ئەحمەد (کفری).

٣-غالب عەبدوڵلا ئەمین (دوزخورماتوو).

٤-نیزام ئەحمەد ڕەمەزان (دوزخورماتوو).

٥-شێرزاد حەسەن عەلی (دوزخورماتوو).


٦-حەمید محەمەد ساڵح (یەنگیجە).

٧-ئیحسان مەحمود ساڵح (کانی قادر).

٨-جەبار عەبدولکەریم محەمەد عەلی (کانی قادر).

٩-یاسین سەعدون سەعید (کەرکوك).
١٠-ئەحمەد ئەمین رۆستەم ناسراو بە ئەحمەد مەسۆیی (مەسۆیی).
١١-نەجات فەتحوڵڵا ئەمین (هەفت تەغار).
١٢-عادل مەجید خورشید (لە هێزی پشتگیریی گوندی تازەشار).
١٣-ئەحمەد قادر کەریم.
شەهیدەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق:
عەرەبەکان:
١-نازم عەلی عەباس ناسراو بە سامی (بابل).
٢-تاڵب یوسف ناسراو بە عەلی (دیالە).
٣-فەوزی عەبدولجەبار ناسراو بە عامر (بابل).
کوردەکان:
١-بەهادین عەلی محەمەد ناسراو بە ماجد (دوزخورماتوو).
٢-عەبدولڕەحیم عەلی مەحمود ناسراو بە ئاشتی (کەرکوك).
٣-تارق محەمەد ئەمین (کانی قادر).
٤-عەدنان رەشید غێدان (کانی قادر).
٥-عەبدوڵڵا وەلی حەیدەر (هەیەڕە سور).

## تالیب زەنگەنە



کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی تالیب غولام کەریم زەنگەنە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی کەرکوك، هەر لە کەرکوکیش خراوەتە بەر خوێندن و لە ساڵی ١٩٦٧ دا لە دواناوەندیی فەیلی، خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووە و پاشان لە خانەی مامۆستایانی کەرکوك وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٧١ بۆتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە خوێندنگەی شۆڕە زەرتکە لە کەندیناوە لە هەولێر. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە. لە سەرەتادا، لە گوندی هاودیان بە مامۆستا دامەزراوە. هەر ئەو ساڵە، دوا بەدوای ئەوەی کە فڕۆکەکانی عیراق، گوندەکەیان بۆردومان کرد، گواستراوەتەوە بۆ مێرگەسور و لەوێ لە یەکێ لە خوێندگاکان وەك مامۆستا وانەی وتۆتەوە. هەر لەو ماوەیەشدا بۆتە بێژەر لە بەشی عەرەبیی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق.

ساڵی ١٩٧٥، پاش هەرەسهێنانی کتوپڕی شۆڕش دوا بەدوای راگەیاندنی رێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران، لەگەڵ سەدان هەزار کەس پەنای بۆ ئێران برد و لە ئۆردوگای ئاوارەکان لە سەرابلە نیشتەجێ بوو.

ساڵی ١٩٧٧ دایك و باوکی گەڕانەوە بۆ عیراق، بەڵام ئەو نەگەڕایەوە و ئەو هەلەی بۆ رەخسا کە بچێ بۆ ئەمریکا. لە ئەمریکا قۆناغی دووەمی ژیانی سیاسیی دەست پێدەکا کە تێیدا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر، بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی دامەزراندنی لقی ئەمریکای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە ٢٥ کادیر بەشدارییان تێدا کرد. لە ساڵی ١٩٧٩دا لە پلینۆمی لقی ئەمریکادا، بە لێپرسراوی لق هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە، لەگەڵ هەر یەك لە عەدنان گەرمیانی، جانی دیلان، مەحمود محۆ، حەیدەر کەریم و تالیب بەرزنجی رۆژنامەی «ئاڵا»ی وەك ئۆرگانی لقی ئەمریکای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرکرد.

ساڵی ١٩٨٤، لە سۆنگەی پەرە ئەستاندنی ئەنگێزەی چەپگەراوە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشەوە کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ دا بە هەڵوێستی خۆیدا چۆوە و لە ڕێی دکتۆر بەرهەم ساڵحەوە، گەڕایەوە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لێپرسراوەتیی جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی ئەمریکای گرتە ئەستۆ.

لە ساڵانی پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١دا، رایەڵەیەکی بەهێزی لەگەڵ پەنابەرە کوردەکانی ئەمریکا دروست کرد.

ساڵی ٢٠١١ بە یەکجارەکی گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە سلێمانی بووە راوێژکاری سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند عادل موراد.

بابەتی پەیوەندیدار:
*ئاڵا (رۆژنامە).

## تاوێرە بەرز (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لەسەر ڕێگای قادر کەرەم- کەرکوك. لە ٢٤ی تەموزی ١٩٨٥دا هێزێکی تیپی ٥٧ی سەگرمە هێرشی کردە سەر رەبیەی تاوێرە بەرز لەسەر ڕێگای قادر کەرەم- کەرکوکو دەستی بەسەردا گرت. لە ئاکامی هێرشەکەدا جاشێکی خەڵکی هەڵەبجە کوژراو پێنج جاشی دیکەش کەهەر هەموویان خەڵکی زەڕایەن بون، بەدیل گیران. هێزی پێشمەرگە یەك شەهیدی بە ناوی رەحمان تۆفیق هەبوو.

دەستکەوتی چالاکییەکە ٦ پارچە چەك و دەزگایەکی بێسیمی ١٠٥و هەندێ کەلوپەل بوو.

## تاهیر عوسمان قادر



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو کادیری پێشکەوتوو. ناسراو بە سەرکەوت. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی شاری هەڵەبجە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە هەڵەبجەو پاشان خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٥ بۆتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. لە ساڵی ١٩٧٢دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو هەر ئەو ساڵە لە بیارە بە مامۆستا دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٦ پاش ئەو زەبرە کاریگەرەی کەدەزگا ئەمنییەکان لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیان داو توانییان هەموو ئەندامانی سەرکردایەتیو ژمارەیەکی زۆری ئەندامو کادیرەکانی دەستگیر بکەن، لە ناوچەی هەڵەبجە رۆڵێکی کارای لەپاراستنی ڕێکخستنەکاندا گێڕاو بە هەوڵو رەنجێکی زۆر سەرکەوتوو بوو لەوەی کە بەشێکی زۆری شانە پەراگەندەکان پێکەوە گرێ بداتەوەو گەشەشیان پێ بدا. لە کۆتایی ساڵدا پەیوەندیی بلە مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارەوە کرد. پاش چەند رۆژێك دەزگا ئەمنییەکان باوكو دایکیو سێ براو چوار خوشکییان دەستگیر کردو بۆ قەزای ریفاعیی پارێزگای زیقاری باشوری عیراقیان دور خستنەوە. پاشان لە شوباتی ١٩٧٨دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کران.

لەو ماوەیەدا لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی هەڵەبجە و هەورامانی کۆمەڵەی

ڕەنجدەرانی گرتۆتە ئەستۆ. دوا بەدوای بڕیاردان لەسەر پێکهێنانی لقەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبونەوەکانی برادۆستی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا لە ساڵی ١٩٧٧، لێپرسراوەتیی لیژنەی هەڵەبجەی لقی یەکی پێ سپێردرا.

لە ئازاری ١٩٧٨دا یەکێ لەو ٢٦ کادیرەی کۆمەڵە بوو کە بەشدارییان لە یەکەم کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکاندا کرد لەگوندی نۆکان. کۆبونەوەکە یەکەم سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی لێ کەوتەوە. هەمان ساڵ بەشداریی لەکۆبونەوەی دووەمی کادیرە پێشکەوتووەکاندا کرد لەگوندی شێنێ کە تێیدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرایەوە.

لە ساڵی ١٩٨١دا بەشداریی لەکۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەدا کردو لە ساڵی دواتردا پاش دامەزراندنی مەڵبەندەکان، کرایە ئەندامی دەزگای دارایی مەڵبەندی یەك. لە ساڵانی ١٩٨٢و ١٩٨٤ بەشداریی لە هەردوو کۆنفرەنسی دووەمو سێیەمی کۆمەڵەدا کردو لە ساڵی ١٩٨٥دا کرایە ئەندامی مەکتەبی دارایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە کاتی پەرەسەندنی ململانێی ناوخۆیی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا لە ساڵی ١٩٨٥و سەرهەڵدانی قەیرانی «ئاڵای شۆڕش»، لەگەڵ چەند کادیرێکدا هەوڵی جوامێرانەی بۆ لێك نزیك کردنەوەی بۆچونە جیاوازەکانو چارەسەرکردنی کێشەکان دا. بێئومێدبونی لە چارەسەرکردنی کێشەکان و هەست کردنی بەوەی کە ڕەوشەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی زۆرتر هەنگاو دەنێ، دۆخێکی پڕ پەژارەو پەرێشانیی بۆ دروست کرد. بۆیە هەر ئەو ساڵە، کوردستانی بەجێ هێشت و لە سوید گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ کوردستانو کرایە کارگێڕی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانیو هەر ئەو ساڵە لە کاتی بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی لە هەڵەبجەو پێنجوێنو شارەزور پێ سپێردرا.


لە٩ی کانونی دووەمی ٢٠١٣دا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، لە سوید کۆچی دوایی کردو لە ڕێوڕەسمێکی شکۆمەندا تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کوردستانو لەگوندی عەبابەیلێی هەڵەبجە بە خاك سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

* شێنێ (کۆبوونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

## تاهیر عوسمان گۆمەشینی



کادیری پێشکەوتوو و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٩ی گوندی گۆمەشینی سنوری قەزای کۆیە. ساڵی ١٩٥٦ لەبەر ئەوەی گوندەکەیان خوێندنگەی لێ نەبوە، خراوەتە خوێندنگەی گوندی گۆپتەپەو هەر لەوێش خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٣ بۆ خوێندنی ناوەندی چۆتە کۆیە و پاش تەواوکردنی خوێندن، چۆتە خانەی مامۆستایان لە هەولێرو لە ساڵی ١٩٦٨دا خوێندنی تەواو کردووەو بۆتە مامۆستا.

لە ساڵی ١٩٦٩دا بۆتە پێشمەرگە لە هیران و لە

ساڵی ١٩٧٠دا، دوا بە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی ئاشتیی ئـازار، گـەڕاوەتـەوە بـۆ سـەر پیشەی مامۆستاییو بۆتە مامۆستا لە گوندی گۆمەشین.

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. هەمان ساڵ بە هۆی شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکانو تێکچونی شـیرازەی ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەوە بۆ مـاوەی چوار ساڵ پچڕا. لە ساڵی ١٩٧٩دا لە ڕێی عوسمانی برایەوە کە لە پێشمەرگایەتیدا بە فەقێ گۆمەشینی ناسراوە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە کـردەوەو هەڵسوڕانێکی چڕی بۆ پەرەپێدانی ڕێکخستن نواند.

جموجوڵی کارای و نەسرەوتنی لە خەباتی نهێنیدا، خستییە بەر دیدی دەزگا ئەمنییەکانەوە. لە پایزی ساڵی ١٩٨٦دا مەفرەزەیەکی دەزگای ئەمن هەڵی کوتایە سەر ئەو خوێندنگەیەی کە لە هەولێر وانەی تێدا دەوتـەوەو ڕاپێچی گرتوخانەی کرد. بۆ ماوەی پێنج مـانـگ، بەبێ ئـەوەی هیچ دەنگوباسێکی بزانرێ، بە دەستگیرکراوی مایەوە و لەو ماوەیەدا ئەشکەنجەیەکی زۆر درا. بەرگەی ئەشکەنجەدانی گرت و هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنەکانی نەدرکاند. ئەمەش وای کرد دەزگا ئەمنییەکان نەتوانن هیچی لەسەر بسەلمێنن. پاش ئـازادکردنی، بـەردەوام بوو لەسەر کارکردن لە ناو ڕێکخستنەکاندا.

بە درێـژایـی مـاوەی کـارکـردنـی لـە ڕێکخستنە نـهێـنـیـیـەکـانـدا، وەك کـادیـرێـکـی پێشـکـەوتـوی ڕێکخستنەکان چالاکیی نواندووە. لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بووە لە ڕزگارکردنی هەولێرو دواتریش لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگار کردنی کەرکوکیش بەشدار بووە.


پاش ڕاپەڕین کراوەتە ئەندامی کۆمیتەی ١ی ڕێکخستنی هەولێر. ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو هەر ئەو ساڵەش بۆتە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕۆژهەڵاتی هەولێرو لە ماوەی جیاوازدا، سەرباری کارەکەی خۆی، سەرپەرشتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی کـاسـبـکـاران و کۆمیتەی ڕێکخستنی بـارەگـای مەکتەبی سیاسیی کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٥دا لە مامۆستاییدا بە شایستەیی خـۆی بـۆتـە سـەرپـەرشـتـیـاری پـەروەردەیـی. پاش ڕوداوەکـانـی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، کرایە ئەندامی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر لە کۆیە، دواتریش بووەتە ئەندامی مەڵبەندی ٨ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین لە ڕانیە.

لە ساڵی ١٩٩٨دا کرایە ئەندامی دەزگای شەهیدان و کـاروبـاری کەمئەندامان لـە سلێمانی. مـاوەی کارکردنی لە دەزگای شەهیدان کە دامەزراوەیەکی حزبی بووە، ڕێی بۆ کارکردنی لە دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان خۆش کـرد. لە ٢٦ی تـەمـوزی ١٩٩٩دا بـە فـەرمـانـی سـەرۆکـایـەتـیی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان کـرایـە ڕاوێـژکـار لـە دەزگـای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٠ بە پلەی ڕاوێژکار خانەنشین کرا. پاش خانەنشین بونی، ئەرکی حزبیی لە مەکتەبەکان پێ سپێردرا. لە ساڵی ٢٠٠١دا بەشداریی لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو هەر ئەو ساڵە بـووە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و ساڵی پاشتر گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن و تا ساڵی ٢٠١٠ وەك ئەندامی مەکتەب لەوێ کاری کرد.

لـە کـۆنـگـرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانیی کـوردسـتـان لـە ساڵی ٢٠١٠، بـە ئـەنـدامـی خولی دووەمی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

# تاهیر عەلی والی بەگ



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٨ی شاری سلێمانی. هەر سێ قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٥٧ لە کۆلیجی سەربازی وەرگیراوەو ساڵی ١٩٦٠ خوێندنی لەو کۆلیجە تەواو کردووەو بۆتە ئەفسەر لە سوپای عیراق. هەر ئەو ساڵە خراوەتە خولی تۆپخانەو پاش تەواوکردنی خولەکە بۆ ڕەواندز گوێزراوەتەوە.

ساڵی ١٩٦٢ لە ناوچەی ئاکۆیان پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو کرا بە سەرلق. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ناوچەی ئاکۆیانو دواتر کرایە فەرماندەی هێزی سەفین. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە بەشێکی زۆری شەڕەکانی ئاکۆیانو ڕەواندزو سەفینو هەندرێن.

ساڵی ١٩٦٥ بە پلەی فەرماندەی هێزی قەرەداغ گوێزرایەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و لەوێ بەشدار بوو لە شەڕەکانی گەرمیانو سەنگاوو ڕێگای چەمچەماڵ- کەرکوکو دەربەندیخان- سلێمانیدا. ساڵی ١٩٦٧ گوێزرایەوە بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەرانو ئەرکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پێ سپێردرا بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩دا، دوا بەدوای کۆتایی هاتنی ئاگربڕی نێوان شۆڕشو حکومەتی عیراق، بە هەمان پلەی پێشوو گوێزرایەوە بۆ هێزی قەرەداغ.

پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠و پێکەوەنانی فەوجەکانی پاسەوانی سنور، کرایە فەرماندەی فەوجی ٧ی پاسەوانی سنوری ناڵپارێز لە ناوچەی پێنجوێنو پلەی ڕائیدی پێ بەخشرا.

ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمی عیراقدا، کرایە جێگری فەرماندەی هێزی خەبات. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، پەنای بۆ ئێران بردو ماوەیەکی کەم لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لەو کۆبونەوانەی کە کادیرو فەرماندەکانی شۆڕش بۆ تاوتوێ کردنی ڕەوشی پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ئێران ئەنجامیان داوە، لەوانە کۆبونەوەکەی ورمێ بە بەشداریی هەر یەك لە عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، خالید سەعید، جەمال حەکیم ئاغا، کاردۆ گەلاڵی، ڕەسول مامەند، ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، عەلی هەژار، برایم ئەحمەد و کەمال محێدین. زۆربەی ئەوانەی لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار بون، دواتر ڕۆڵێکی کارایان لە دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا گێڕا یان بونە کادیری ئەو ڕێکخراوە.

هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ عیراقو بۆ پارێزگای میسانی باشوری عیراق دور خرایەوە. لەوێ بەفەرمانبەر لەشارەوانیی شاری عیمارە دامەزرا. لەو ماوەیەدا پشتگیریی هەوڵەکانی ساڵح یوسفیی کرد بۆ دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێ لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی بوو.

ساڵی ١٩٧٦ بەشدار بوو لە پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا. هەر ئەو ساڵە لە ناوچەی شارباژێر تێهەڵچووەو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە.

لە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ناوچەی برادۆست پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ کوردستان لە ساڵی

١٩٧٧، بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیو یەکێ لەو شەش ئەندامەی کە لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا نوێنەرایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستیان کردوە. هەر لەم سەروبەندەدا لێپرسراوەتیی کاروباری پێشمەرگایەتیی ناوچەکانی پێ سپێردراو لە هەمان کاتیشدا کرایە فەرماندەی هەرێمی یەکی هەورامان. بۆ ساڵی دواتر، لە کاتی خۆئامادەکردندا بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوری عیراق- تورکیا، لە کۆبونەوەکانی نیسانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا، لە جێی رەسول مامەند دانرا کە تازە دەستی لە ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی کێشابۆوە. پاش تەواوبونی کۆبونەوەکان، لەگەڵ بەشی دووەمی هێزەکەدا کە عەلی عەسکەری سەرکردایەتیی دەکرد، بەرەو سنوری عیراق- تورکیا بەرێی کەوت.

لەو پرۆسەیەی کە لەئەدەبیاتی حزب بە «کارەساتی هەکاری» ناسراوە، توشی نەهامەتییەکی زۆر هاتو لەگەڵ ئەو هێزەی کەچوو بووە ناوچەی هەکاری بە مەبەستی نزیکبونەوە لەو شوێنەی کەبڕیار بوو بڕێکی زۆر چەکی لەسوریاوە پێ بگات، ناخۆشیو مەینەتییەکی زۆری بینی. لەو هەلومەرجەدا بەشێکی خێڵە دواکەوتووەکانی ناوچەکە تەنگیان بە هێزەکانی یەکێتی هەڵچنیو پەلاماریان دان. لە بەرەنجامی کۆتاییدا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سەرکردەو کادیرەکانی یەکێتی بە دیل گیراو رادەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا. لە ناو دیلەکاندا ئەو لەگەڵ ئەو گروپەدا بوو کە سەید کاکەو عومەر عەبدوڵلاو قادر مامەند ئاغای میراودەلیی تێدا بوو. پاش چەند مانگێك ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ زۆربەی زۆری سەرکردەو کادیرەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان وازی لەیەکێتی هێناو پشتگیریی پرۆژەی دامەزراندنی حزبێکی تازەی کرد. لە ئابی ئەو ساڵەدا پاش دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان کە زادەی یەکگرتنەوەی باڵی رەسول مامەندی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی دکتۆر مەحمود عوسمان بوو، لەگەڵ هەر یەك لە رەسول مامەندو دکتۆر مەحمود عوسمان بووە ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی حزبە تازەکە. لە کۆنگرەی یەکەمی حزبەکە لە ئایاری ساڵی ١٩٨١ بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٨١ هەڵەیەکی سیاسیی گەورەی کرد کە بوە مایەی نزیك بونەوەی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە لێواری شەڕ، کاتێك لەگوندی هۆزخواجای ناوچەی چەمی گەڵاڵ لە کاتی گفتوگۆدا نەوشیروان مستەفای جێگری سکرتێری گشتیی گل دایەوەو ویستی وەك بارمتە و کارتی گوشار بۆ سەر هێزەکانی یەکێتی لە ناوچەکە بەکاری بێنێ. بەڵام راکردنی نەوشیروان مستەفا پاش دەوروبەری مانگێك لە گلدانەوەی، کۆتایی بە قەیرانەکە هێنا.

لە٢٥ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٢ لە کاتێکدا کە بەنیاز بون بچن بۆ ئێران و لەوێوە بۆ سوریا، خۆیو شێخ کاوەی حەفید و یانزە پێشمەرگە، لە چیای قەندیل لە کەشێکی نالەباری رەهێڵە و سەرماو سۆڵەدا کەوتنە ژێر هەرەسی بەفر و گیانیان لەدەستدا. دواتر، باوکی لە سنوری پێنجوێنەوە تەرمەکەی لەگەڵ خۆیدا بردەوە بۆ سلێمانی. لە سلێمانی بە خاك سپێردرا.

## تۆپزاوا (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هەرێمی ١٤و هێزێکی سوپای عیراق لەسەر رێگای سەربازگەی

تۆپزاوا لە ١٢ی نیسانی ١٩٧٩. مەفرەزەکەی هەرێمی ١٤ بۆسەیەکی نابووەوە لە ئاکامدا زیلێك و جێبێکی سوپا کەوتنە ناو بۆسەکەوە. لەگەرمەی شەڕەکەدا جێبەکە وەرگەڕا. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ٢٥ سەربازو ١ ئەفسەر بە پلەی نەقیب کوژران.

لە کاتی گەڕانەوەی مەفرەزەکەدا، رەبایەی گردی قەمبەرگاوان تەقەی کردو پێشمەرگەکانیش وەڵامیان دایەوەو بێدەنگیان کرد.

## تۆرچ TORCH (گۆڤار)



The TORCH

THE ORGAN OF PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN IN NORTH AMERICA

NUMBER ONE JULY 1984

**EDITORIAL**

Since the foundation of Patriotic Union of Kurdistan (PUK), North America Branch, in 1976, has been issued publications in both Kurdish and Arabic languages.

PUK organization went through formations, and strength among the supporters of the Kurdish cause. Throughout the past eight years, PUK in North America held its annual conferences, lead demonstrations in major U.S Cities and Canada against the Fascist regime of IRAQ, sent memorandums, telegrams to U.N and its affiliate organizatios. It was PUK which sponsered several hunger strikes against Treacherous Baathist government.

PUK has been playing effectively to bring the Kurdish community together.

Limited resources combined with other factors that constrained P.U.K in N. America not to publish English periodical. At last this gap was filled after

cont. on page 6

**IRAQ, 26 YEARS LATER**

It was an early morning of July 14, 1958, when a group of army officers overthrew the Hashimiet Dynasty in Iraq.

General Kassem who led the revolt became the first prime minister the newly declare Republic. Arabs and Kurds became equal partners according to the new provissional constitution. Iraq pulled out from all military, political, and economic alliancess.
Freedom of speech, press, assembly, and movement were granted. All political prisoners released. exiles returned to the country, political and cultural organizations resumed thier normal activities after a long period

cont. on page 3

★★★★★★★

**MARTYRDOM OF A COMRADE**

With a great sorrow we learned a martyrdom of comrade Abdulla Behrami a member of the Centeral Committe of Kurdistan Democratic Party of Iran (KDPI).

In this tragical instant we express our sorrow and mourning to the Centeral Committe of KDPI and his family for his loss.

Comrade Abdulla was martyred,(May, 1984) facing the enemy of Kurdistan, while he and his comrades defending thier position from the Army's offensive of the Islamic regime.

He was born in 1950, from toiler family, and continued his education in Pava and Kirmanshah, where he received his Diploma in Agr-

cont. on page 2

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەمریکای باکور بە زمانی ئینگلیزی. لە ماوەی نێوان ١٩٨٤- ١٩٨٨دا دە ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لەتەموزی ١٩٨٤ دەرچووە. لەو سۆنگەیەوە کە ژمارەکە لە مانگی تەموزدا دەرچووە، وتارێکی بە ناونیشانی «عیراق پێش ٢٦ ساڵ» دەربارەی کودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و روخانی رژێمی پاشایەتیی عیراق بڵاوکردۆتەوە. لە هەمان ژمارەو هەمان لاپەڕەدا رۆژنامەکە بە بۆنەی شەهیدبونی عەبدوڵڵا بەهرامیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێرانەوە پەیامێکی ماتەمینیی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی شەهید بڵاوکردۆتەوە. دوایین ژمارەی رۆژنامەکە کە ژمارە ١٠ یە لە تشرینی دووەمی ١٩٨٨ دەرچووە.

قەبارەی رۆژنامەکە فولسکابەو لەدیزایندا وێنایەکی جوانی پێشکەش کردووەو توانیویەتی سود لەتەکنیکی چاپ‌و دیزاینی ئەمریکایی وەرگرێ.

رۆژنامەکە لەگوتاری سیاسییدا گوزارشتی لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردوەو دیدو تێڕوانینەکانی بۆ خوێنەرانی بیانی شرۆڤە کردووە.

## توژەڵە (کۆبوونەوەی فراوان)

کۆبوونەوەیەکە لە ١٩ی ئابی ١٩٨٢ لەگوندی توژەڵە بەستراوە کە بە یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی هێڵی گشتی دەژمێردرێ بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەی یەکخستنەوەی هێڵی گشتی و باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە چوارچێوەی رێکخراوێکی تازەدا.

بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ئەمانەن: جەلال تاڵەبانی، دکتۆر خدر مەعسوم، سەید مەجید حسێن مورسیل زەمان، فەرید زامدار، عەزیز حەسەن عەزیز، فەرهاد رەسول، موحسین عەبدوڵڵا، سالار محەمەد ئەمین، سلێمان ئیسماعیل، عەبدوڵڵا ساڵح، ئەحمەد تۆفیق مەعروف ناسراو بە ئەحمەد دادێ، پێشەوا تاڵەبانی، محەمەد فەرەج، دڵشاد حەسەن، پێشڕەو برایم سەعید،

هۆشمەند عەبدولکەریم (ناسراو بە شالاو)، رەئوف سلێمان، دارا حەفید، عەبدوڵڵا حاجی شێخە، عەلی وەیس، مامەند حاجی سدیق، عەبدولسەلام حەمید عەلی (ناسراو بە سیار)، موشیر حەمە غەریب، ئەحمەد مەولود، بەشار ئیسماعیل ئەحمەد (ناسراو بە زێرەڤان)، کەمال عەبدولکەریم، مەحمود خۆشناو، محەمەد سالح محەمەد، رەهبەر سەید برایم.

کۆبوونەوەکە پرنسیپی یەکگرتنەوەی لەگەڵ باڵەکەی بزووتنەوەی سۆسیالیست پەسەند کردو لیژنەیەکی بۆ مشورخواردنی ئەم پرنسیپە لەم ئەندامانە پێکهێنا: دارا حەفید، رەئوف سلێمان، فەرید زامدار، عەزیز حەسەن و پێشەوا تاڵەبانی.

لە ٢٦ی ئابی ١٩٨٢ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان لیژنەی ناوبراوو نوێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیست هەر یەک لە نازم عومەر، چەتۆ حەویزی، عەبدوڵڵا عومەرو عومەر عەزیز، بەستراو تێیدا بڕیاری یەکخستنەوەی هەردوو گروپ درا لە چوارچێوەی رێکخراوێکی نوێدا کە دواتر ناو نرا یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

## تۆفیق مەغدید حسێن



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی تیپ. ناسراو بە تۆفیق کانی وەتمانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ ی گوندی کانی وەتمان لە دۆڵی خەلەکان. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا خراوەتە خوێندنگەی سەرەتایی و لە ساڵی ١٩٧٠ دا لە پەیمانگای ئیسلامی وەرگیراوە بەڵام پاش دوو ساڵ خوێندن، وازی هێناوە، ساڵی ١٩٧٣ بۆتە پێشمەرگە لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری لە چۆمان.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لە مەهاباد گیرسایەوە بەڵام دواتر گەڕایەوە بۆ عیراق و لە گوندی کانی وەتمان جێگیر بوو.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٠ لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە ببێ بە پێشمەرگە، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ناوزەنگ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. هەمان ساڵ گوێزرایەوە بۆ قوەتی کۆسرەت و ساڵی دواتر بووە فەرماندەی مەفرەزەو لە چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا لە دۆڵی خەلەکان بریندار بوو.

ساڵی ١٩٨٢ دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێم و قوەتەکان، بووە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٩٣ ی کۆسرەت. هەر ئەو ساڵە، کرایە فەرماندەی کەرتی ٤ ی تیپەکە.

ساڵی ١٩٨٣ بە کەرتەکەیەوە گوێزرایەوە بۆ تیپی ٩٩ ی بیتوێن. ساڵی ١٩٨٦ بووە جێگری فەرماندەی تیپەکە و ساڵی ١٩٨٧ یش بووە فەرماندەی تیپەکە.

ساڵی ١٩٨٨ پاش بەشداری کردن لە شەڕەکانی دۆڵی جافایەتی و بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال، کشایەوە بۆ ناوچەی مەنگوڕایەتی و بارەگای تیپی لە گوندی قوڵە هەرمێ دانا. هەر ئەو ساڵە بە خێزانەوە چوو بۆ ئێران و لە ئۆردوگای ئاوارەکانی دیلیزێ لە پیران شار گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە ناو هێزی پێشمەرگەو لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی پلانی راپەڕیندا، لەگەڵ هێزەکەی کۆسرەت رەسول عەلی دابەزی و لە رانیەوە تا کەرکوك بەشداریی لە رزگارکردنی شارەکاندا کرد.

پاش راپەڕین کرایە جێگری فەرماندەی هێزی ٨ ی بیتوێن. پاشان کرایە فەرماندەی لیوای ٢٢ی بیتوێن لە هێزی هاوبەش. ساڵی ١٩٩٥ بووە فەرماندەی لیوای تایبەت لە کۆیە. ساڵی ١٩٩٦ بووە فەرماندەی فەرماندەیی بیتوێن. ساڵی پاشتر کرایە کارگێڕ لە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سلێمانی و لە هەمان کاتدا جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگەش بوو. ساڵی ٢٠٠١ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠٠٩ پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کردو بووە ئەندامی جڤاتی نیشتمانی. بەڵام ساڵی ٢٠١٠ وازی لە بزوتنەوەی گۆڕان و کاری سیاسی هێنا.

## تۆکمە (تیپ)

تیپی ٢٧ی تۆکمە. یەکێکە لە تیپەکانی هێزی پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوە. زۆربەی پێشمەرگەکانی لەو چەکدارانە بون کە ساڵی ١٩٨٦ فەوجەکەیان بە فەرماندەیی دارای حاجی برایمی چەرمەگا لە سوپای عیراق هەڵگەڕایەوەو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

بارەگای فەوجەکە لەگوندی کەلاوانان بوو لە نێوان تاسڵوجەو دوکان. پەیوەندی کردنی فەوجەکە بە هێزی پێشمەرگەوە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. رژێمی عیراق لەوە دەترسا ئەم روداوە فەوجە سوکەکانی تر هان بدا لە سوپای عیراق هەڵگەڕێنەوەو پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکەن، بۆیە لەم روەوە کاردانەوەیەکی توندی نیشاندا، دەستی بەسەر هەموو سەروەتو سامانی بنەماڵەی دارای حاجی برایمی چەرمەگادا گرت و ماڵەکانی لە سلێمانی بە شۆفڵ تەخت کرد.

پاش پەیوەندی کردنی فەوجەکە بە هێزی پێشمەرگەوە، لە ساڵی ١٩٨٧ تیپێك بە ناوی تیپی ٢٧ی تۆکمە بە فەرماندەیی رۆستەمی کوڕی دارای حاجی برایمی چەرمەگا پێك هێنرا، کورێکی تری حاجی برایمی چەرمەگاش بە ناوی رۆپیتان کرایە جێگری فەرماندەی تیپەکە. گەورەترین چالاکیی پێشمەرگانە کە ئەم تیپە بەشداریی تێدا کردووە، هێرشی هێزی پێشمەرگە بووە بۆ سەر فەوجی ١٠٤ی چەرمەگا لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧.

سنوری چالاکیی تیپەکە لە سورداش و سەرچنار بوو، لە چوار کەرت پێکهاتبوو کە فەرماندەکانی ئەمانەن: دارا زایری، رۆستەم قولە رەیسی، مام ئیسماعیل و حەمە عەلی بەرخانەقا، ژمارەی پێشمەرگەکانی تیپەکە دەوروبەری سەد پێشمەرگە بوو.

## توکن (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی عیراق کە لە٢٥ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥ هێرشێکی بەربڵاوی کردبووە سەرگوندی توکن لە ناوچەی کفری.

بەیانیی ئەو رۆژە، هێزەکانی عیراق بەهاوەن کەوتنە بۆردومان کردنی گوندەکەو دوا بەدوای بۆردومانەکە، هێزێکی گەورە بە پاڵپشتی تانك و هەلیکۆپتەری جەنگی هێرشی بردە سەر گوندەکە.

گوندەکە تەنها پێنج پێشمەرگەی تێدا بوون سیانیان بریندار بونو بۆ حەسانەوە لەگوندەکەدا بون، بەڵام بەشێکی دانیشتوانی گوندەکە چەکدار بونو زۆر جار وەك هێزی پشتگیری، بەشدارییان لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە. هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر گوندەکە هیچ ئامانجێکیان بەدەست نەهێنا،

له هەمان کاتیشدا بۆردومان کردنی ناو گوندەکە بەهاوەن هەر بەردەوام بوو، هەلیکۆپتەرەکانیش هەم ناو گوندەکەیان بۆردومان دەکردو هەم بە دەوروبەری گوندەکەدا دەسوڕانەوە بۆ ڕێگرتن لەگەیشتنی کۆمەك بۆ گوندە ئابڵوقەدراوەکە.

سەعات ١٤ هێزێکی پێکهاتوو لە کەرتەکانی ١و٢ی تیپی ٥١ی گەرمیان و کەرتەکانی ڕێکخستنی کفری‌و دوزو هێزی پشتگیری فریای گوندەکە کەوتن‌و لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی عیراق و لە ئاکامدا قەڵەمڕەوی شەڕەکە بەرینتر بوو. لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی هێزی پێشمەرگەدا، گۆڕانێکی کتوپڕ بەسەر ئاووهەوادا هات و تەمومژێکی زۆر ناوچەکەی داپۆشی. لەم سۆنگەیە، هێزەکانی عیراق بە پەلەپروزێ خۆیان پێچایەوەو لە مەیدانی شەڕ دوو شۆفڵ‌و تانکێکی برازیلیی تێکشکاوو چەند کامیونێکیان بەجێ هێشت.

لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی دوژمندا، مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ بەسەرپەرشتیی حسێن حەمە سەمکە لە نزیک گوندی ئۆمەر بل بۆسەیان بۆ هێزەکان دانا، تەقەیان لە ئیڤاکان کردو زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن.

هەر ئەو شەوە، هێزی پێشمەرگە لاشەی بەجێماوی سەربازەکانی برد بۆ گوندی سەید جەژنی کە دوو کیلۆمەتر لە ناحیەی سەرقەڵاوە دورەو ڕادەستی موختاری گوندەکەی کرد تا بیداتەوە بە کاربەدەستانی سوپای عیراق لە سەرقەڵا. ڕۆژی دواتر، هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانی عیراق کەوتنە بۆردومانکردنی گوندی عەزیز قادرو دەوروبەری کە بووە مایەی شەهیدبونی دوو پێشمەرگەی هێزی پشتگیری.

لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە هیچ زیانی گیانیی نەبوو بەڵام لە ناو گوندی توکن هاوڵاتییەك شەهید بوو، پێشمەرگەیەکی هێزی پشتگیریش بریندار بوو.

توکن: گوندێکی سەر بە قەزای کفرییە، دەوروبەری ١٥ کیلۆمەتر لە شاری کفرییەوە دورە. لە شوێنێکی چاڵ دایەو لە شاڵاوەکانی ئەنفال وێران کراوەو دانیشتوانەکەی ئەنفال کراون.

## تۆمار و گورگان (شەڕ)

شەڕێکی حەوت سەعاتییە لە٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٦ لە نێوان پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی شوانی سەر بە تیپی ٢١ی کەرکوك و هێزێکی گەورەی عیراق کە پێکهاتبوو لە فەوجێکی کۆماندۆو دوو فەوجی سوکی جاشەکان بە پاڵپشتی کەتیبەیەکی تانکی برازیلی‌و هێزێکی زرێپۆش‌و تیمێکی تۆپی هاوەنی ١٢٠ ملم و ٤ هەلیکۆپتەری جەنگی‌و ٤هەلیکۆپتەری بارهەڵگر.

هێزەکانی عیراق هێرشیان بردە سەر هەردوو گوندی تۆمارو گورگان لە ناوچەی شوان کە تەنها یەك گرد لێکی جیا دەکردنەوەو لەو کاتەدا هێزی پێشمەرگە لەهەردوو گوند بە فەرماندەیی سەرباز مام حسێن، فەرماندەی کەرتی ٢ی شوان و عەلی شوانی، جێگری فەرماندەی کەرت دامەزرابوو.

هێزەکانی عیراق سەعات ٨ی بەیانی بۆ ماوەی دوو سەعات هەردوو گوندیان بە خەستی بۆردومان کردو سەعات ١٠ هێرشەکەیان دەست پێکرد بەڵام خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری هەموو هێرشەکانی تێك شکاند. دوا بەدوای شکانی هێرشەکان، هەلیکۆپتەرەکان کەوتنە موشەکباران کردنی هەردوو گوند. لە نیوەڕۆ بەدواوە، هێرشی هێزی پێشمەرگە دەستی پێکردو زیانێکی زۆری لەگردبونەوەی هێزەکانی دوژمن دا. سەعات ١٥ هێزەکانی دوژمن دەستیان بەکشانەوە کرد.

لەم شەڕەدا زیانێکی گیانیی زۆر لە هێزەکانی دوژمن کەوت، یەك تانكو یەك پیکاب تێك شکێنران و هەلیکۆپتەرێکیش پێکرا. هێزی پێشمەرگە ٣ شەهیدی بە ناوی ئیحسان کەریم شەریف، سەباح شەوکەت قادر ناسراو بە مام ئاراسو حەمە شوکر بەکر ساڵح هەبوو.

پێشمەرگەکانی بەشداربوی ئەم نەبەردە(جگە لەوانەی لەمەوبەر ناویان هاتووە): رۆستەم حەمە بۆر ناسراو بە رۆستەم قەفاری، تارق عەلی ناسراو بە باپیرە، حەسەن نافیز، تاریق گوگجەیی، ئیبراهیم فازل ناسراو بە ئیبۆ، سەردار حاجی رەزا، عومەر محێدین، عومەر رەسول، هەڵکەوت عەبدوڵڵا، فەیسەل بیرەسپانی، وریا رۆژبەیانی، خالید حەمە عەلی، یابەی کوێخا عارف، ناسیح رەشید بەکر ناسراو بە مام ناسیحە رەش، شاخەوان سەعید زەردەکی، حەمە زیاد مام عومەر رۆژبەیانی، نەبەز کۆچەکی، سەرباز کاکەڕەش، سەرتیپ حەساری، فەرهاد حەساری، ئەحمەد گوگجەیی، نەهرۆ حەساری، نەجات سادق کۆچەکی، حەسیب حاجی بەیخان، لەتیف گورگانی، سەلام حەمە رەزا، حەسەن هەیبەیی، عاسی مەدحەت، بەکر سەقەر، ئازاد چەڵتکە، ئەحمەد دەروێش مامە قالەی دەلۆ، فەرحان گوگجەیی، ئەحمەد کرێکار، هەڵۆ بیرەسپانیو جەنگی حسێن.

تۆمارو گورگان: دوو گوندی ناوچەی شوانن نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر لە ناوەندی ناحیەی شوانەوە دورن، کەوتونەتە نێوان گوندی مام رەشو عەلی موسا لە ڕۆژهەڵاتدا، گوندی قەفار لە باشوردا، گوندی جولحان لە ڕۆژئاواداو گوندی قەمبەر لە باکوردا. لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال، دانیشتوانی ئەم دوو گوندە بۆ ناوچەکانی هەردوو پارێزگای سلێمانیو هەولێر راگوێزران.

## تەپڵە رەش (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگانەیە مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ لە ٧ی ئەیلولی ١٩٧٩ لەگوندی تەپڵە رەش لە ناوچەی بازیان ئەنجامی داوە، لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکان بە چەکی ئار بی جی و نارنجۆك ئەندازو کلاشنکۆف لە رەبیەی سەر گوندی تەپڵە رەشیان دا، لە ئاکامدا ٤ سەرباز کوژران و ٤ سەربازی دیکەش بریندار کران.

## تەپە عەرەب (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هاوبەشی لقی ٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کەرتی گەرمیانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ لەلایەك و ژمارەیەك جاش لە لایەکی دیکەوە لەگوندی تەپە عەرەب لە ٢٠ی نیسانی ١٩٧٩.

لەم چالاکییەدا هێزی پێشمەرگە چووە سەر جاشەکانی قالە فەرەج و بەپێی نەخشەیەکی ورد هەموو ئامانجەکانی هێرشەکەی هێنایە دی. لە ئاکامدا ١٠ جاش کوژران و ٦ جاشی دیکەش بریندار کران. لە هێزی پێشمەرگەش تەنها یەك پێشمەرگە بریندار بوو، ئەویش برینەکەی سوك بوو.

## تەپەلوو (شەڕ)

شەڕێکە لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٨٣ لە نێوان مەفرەزەیەکی کەرتی ٤ی جەباریی سەر بە تیپی ٥٧ی سەگرمەو هێزێکی گەورەی جاش

لەگوندی تەپەلووی ناوچەی جەباری. مەفرەزەکە لەگوندی سیامەنسور تاوتوێی چالاکییەکی بۆ هێرش کردنە سەر رەبیەکی نێوان هەردوو گوندی مامشەو تاوێربەرز دەکرد بەڵام دواتر مەسەلەکە لەسەر ئەنجامدانی چالاکییەك لە نزیك گوندی تەپەلوو گیرسایەوە.

لە٢٨ی حوزەیراندا پێشمەرگەکان لە نزیك گوندی تەپەلوو دابەش بون، بۆسەیان لەسەر جادەی نزیك گوندەکە داناو چەند ئوتومبیلێکیان راگرت. لەم سەروبەندەدا هەواڵی بۆسەکە گەیشتە جاشەکان. هێزێکی گەورەی جاش بە دوو بەش، بەشێکی بە پیادەو بەشەکەی تر بە سواریی ئوتومبیل، لە دوو لاوە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. شەڕ لە بەیانییەوە تا خۆرئاوابون درێژەی کێشا. بە هۆی زۆریی هێزی جاشەکانو کەمیی ژمارەی پێشمەرگەکانەوە کە ژمارەیان تەنها ١٧ پێشمەرگە بوو، مەفرەزەکە لەگوندەکە گەمارۆ درا. رێوبانەکان، رێوبانی گوندی بەیانلووی لێ دەرچێ، هەموی گیرا. شەو، مەفرەزەکە، پاش شەهیدبونی سێ پێشمەرگە بە ناوی کەریم شێخ جیری ناسراو بە سەرکەوت و عادل ئەحمەد و عوسمان عەلی، توانی لە تاریکیدا رێیەك بۆ دەربازبون بدۆزێتەوە. فەرماندەی کەرتەکە، ئەسعەد عەزیز محەمەد، لەبەر سەختیی برینەکەی، لەگوندەکە بەجێ ماو بۆ رۆژی دواتر بە دیل گیرا، بەڵام لە وتووێژی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، ئازاد کراو گەڕایەوە بۆ پێشمەرگایەتی.

تەپەلوو: گوندێکە کەوتۆتە نێوان هەردوو ناحیەی قادر کەرەم و لەیلانەوە. زنجیرە چیای چەمەبۆر کەوتۆتە خۆرئاوای گوندەکەو بەم پێیە گوندەکە لە دامەزراوە نەوتییەکانی چەمە بۆرەوە نزیکە.

## تەپەلوو (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی جەباریی سەر بە تیپی ٥٧ی سەگرمەیە لە٣٠ی ئازاری ساڵی ١٩٨٥ لەسەر رێگای تەپەلوو- قادر کەرەم. لەم چالاکییەدا کەرتەکە بەمجۆرە دابەش بوو: گروپی یەکەم کە لە ٢٤ پێشمەرگە پێکهاتبوو، ئەرکی سەرەکیی چالاکییەکەی پێ سپێردرا کە لێدانی کاروانە عەسکەرییەکان بوو لەسەر رێگای تەپەلوو- قادر کەرەم، گروپی دووەم لەگوندی سیامەنسور بۆ کاتی تەنگانە هێڵدرایەوە، گروپی سێیەم بۆ گوندی فەرقانو قایش پاشا لە نزیك شارۆچکەی لەیلان نێردرا بۆ لێدانی هەر هێزێکی سوپا بیەوێ بەفریای کاروانە عەسکەرییەکان بچێ.


گروپی یەکەم لەسەر رێگای تەپەلوو- قادر کەرەم لە سێ شوێن بۆسەی دانا. ئوتومبیلێك و پاسێکی پڕ سەربازو جاش کەوتنە بۆسەکەوەو درانە بەر دەسترێژی گوللە، زۆربەیان کوژرانو بەشێکیشیان بەدیل گیران. دیلەکان رەوانەی تەپەلووکرانو زۆری نەبرد ئیڤایەکی سوپا کەوتە بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان دایانە بەر ئاگری چەکەکانیان، چەند سەربازێکیان لێ کوشت و چەند سەربازێکی تریان بەدیل گرت.

پاش چالاکییەکە، هێزی پێشمەرگە کشایەوە ناو گوندو بۆ هێرشێکی چاوەڕوانکراوی پیادە دامەزرا. چەند هەلیکۆپتەرێکی جەنگی بەسەر ناوچەکەدا سوڕانەوەو پاشان گەڕانەوە بۆ

کەرکوك. دوا بەدوای ئەمە، هێزێکی گەورەی سەربازو جاش، وەك چاوەڕوان دەکرا، هێرشی کردە سەر گوندەکەو سێ هێرشی یەك لە دوای یەکی بێ ئاکامی بۆ سەر گوندەکە کردو ژمارەیەکی زۆر سەربازو جاشی لێ کوژرا. لەم سەروبەندەشدا گوندەکە درایە بەر تۆپ. پێش خۆرئاوا هێزەکەی دوژمن کشایەوە. پێشمەرگەو دانیشتوانی گوندەکە هیچ زیانێکی گیانییان نەبوو.

دوا بە دوای شەڕەکە، هێزی پێشمەرگە تەپەلوی بەجێ هێشت، روی لەگوندی باوە کردو لەوێوە چوو بۆ گوندی سیامەنسور. لەم چالاکییەدا ئوتومبیلێك و زیاتر لە ٣٠ پارچە چەك دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە بوو.

## تەحسین کاوانی*



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی دوو تیپی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ناوی تەواوی تەحسین یوسف مستەفا کاوانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ ی گوندی کاوانیانی ناوچەی خۆشناوەتی لە بناری چیای سەفین لە پارێزگای هەولێر. تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی خوێندووە. لە ساڵی ١٩٦٨ دا خولێکی تایبەتی تەواو کردووەو بۆتە کۆمیسێری پۆلیس.

ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٧٤ دا دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بۆتە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و بەردەوام بووە لەسەر پەیوەندییە رێکخراوەییەکەی لەگەڵ کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٨١ دەزگا ئەمنییەکان پەیوەندییە رێکخراوەییەکەیان ئاشکرا کرد، بەڵام فریای گرتنی نەکەوتن چونکە ئەو بەدەستوبردتر بوو و خۆی بەدەستەوە نەدا. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی لە ناوچەی خۆشناوەتی دەست پێ کرد.

پلەکانی پێشمەرگایەتیی بە شایستەیی خۆی پلە لە دوای پلە بڕیوە تا لە دواییدا بە پلەی فەرماندەی تیپ گەیشتووە. لە سەرەتادا کرایە فەرماندەی کەرت لە قوەتی خۆشناوەتی. دوای پێکهێنانی تیپی ٨٣ی هەورێ، بە هەمان پلەی خۆی لەو تیپە مایەوە. ساڵی ١٩٨٣ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٩١ ی سەفین و هەر ئەو ساڵە پاش ئەوەی فەرماندەی تیپ بەکر مستەفا سەعید لە شەڕەکانی قەندیل بە سەختی بریندار بوو، ئەو فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی تیپی ٨٥ ی بەڕانەتی. ساڵی ١٩٨٧ ئاسۆ مامەند ئیسماعیل کرایە جێگری.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، چ وەك فەرماندەی کەرت چ وەك جێگری فەرماندەی تیپ چ وەك فەرماندەی تیپ، لە ژمارەیەکی زۆری چالاکی و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەشدار بووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە لە ساڵی ١٩٨٣، ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری و ئۆپەراسیۆنی گرتنی دێگەڵە لە ساڵی ١٩٨٧.

لە قۆناغی پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، بەشدار

بوو لە بەرنامەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو وەك پێشمەرگەیەكی پارتیزانیش ئەركی پێشمەرگانەی خۆی بەجێ هێنا.

پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە مەفرەزە تایبەتەكاندا كە نێردرانە ناوچەكانی شەقڵاوەو بەڕانەتی و دەوروبەری هەولێر، ڕۆڵێكی بەرچاوی لە ئامادەكارییەكانی جێبەجێ كردنی پلانی ڕاپەڕیندا گێڕاو دواتر بەشدار بوو لە ڕزگاركردنی شەقڵاوە، كۆڕێ و پیرمام دا. هەروەها لە شەڕەكەی كۆڕێ لە نیسانی ١٩٩١ كە دوایین شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراقە پێش دەستپێكردنی دانوستان لە نێوان بەرەی كوردستانی و حكومەتی عیراق، ڕۆڵێكی گەورەی گێڕا، بە تایبەتی لە دوایین هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر هێزەكانی عیراق كە هێرشێكی یەكلاكەرەوە بووە و چارەنوسی شەڕەكەی بە قازانجی پێشمەرگە ساغ كردۆتەوە.

دوای ڕاپەڕین، لە شەقڵاوە گیرسایەوە. لە كۆتایی ساڵی ١٩٩١ دا لە قەڵاچوالان، لەگەڵ چەند كادیرێكی پێشكەوتوی سیاسی و عەسكەریدا، بەشداریی لە خولێكی هەواڵگریدا كرد كە چەند پسپۆڕێكی فەرەنسایی وانەیان تێدا وتۆتەوە. هەر لەو ماوەیەشدا كراوە بە جێگری فەرماندەی لەشكری ٢ی شەقڵاوە. پاش یەكخستنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، كراوەتە ئەندامی فەرماندەیی ناوچەی هەولێر. لە ساڵی ١٩٩٣ دا لێپرسراوەتیی مەدەنیی پێ سپێردراو كرایە قایمقامی شەقڵاوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٤ دا لە سۆنگەی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆوە، گەڕایەوە سەر كاری عەسكەری و كرایە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و لێپرسراوی فەرماندەیی شەقڵاوە.

لە ٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ دا لە كاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا، لە شەڕی ناوخۆدا لە گردی جاسوسانی ناوچەی هیران شەهید بوو.

بابەتی پەیوەندیدار:


*بەڕانەتی (تیپ).

*سماقوڵی (شەڕ).

*كۆڕێ (شەڕ).

*گەردەلولی تۆڵە (ئۆپەراسیۆن).

## تەحسین محەمەد ئەمین*




كادیری ڕێكخستن. ناسراو بە تەحسین دەرگەڵەیی. لەدایكبووی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی دەرگەڵە لە قەزای ڕەواندز. ساڵی ١٩٦٦ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو كردو ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی شەوگێڕی ناوچەی كۆیە بە مامۆستا دامەزرا، هەر لەوێش پەیوەندیی بە شۆڕشەوە كردو بوو بە پێشمەرگە. پاش نسكۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بوو.

ساڵی ١٩٧٦ گەڕایەوە بۆ عیراق و بۆ پارێزگای ناسریە دوور خرایەوە. بۆ ساڵی پاشتر گواسترایەوە بۆ هەولێر و لەوێ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە كرد.

لە ١٢ی ئایاری ١٩٨٨ لە كاتی دەوامی لە خوێندنگەی ئامانج لە هەولێر، هێزێكی دەزگای ئەمن هەڵی كوتایە سەر خوێندنگەكەو دەستگیری كرد. لە ٢٦ی حوزەیراندا لەگەڵ پۆلێك ئەندامی ڕێكخستنەكانی یەكێتی بەبێ دادگایی كردن

گوللەباران كران و تەرمەكانیان نەدرانەوە بە كەسوكاریان. دوای راپەڕین تەرمەكانیان لە گۆڕێكی بەكۆمەڵدا لەگۆڕستانی شێخ لەتیف لە هەولێر دۆزرانەوە.

## تەحسین نامیق عەبدوڵڵا




كادیری دێرینی ڕێكخستن. لەدایكبووی ساڵی ١٩٦٠ی شاری كەركوك. هەر سێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە كەركوك تەواو كردووە. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ریزەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە كردو لە كۆمیتەی ئاگر ڕێك خرا.

پاش ئەوەی ڕێكخستنەكانی ناو كەركوك لە سەرەتای هەشتاكاندا گورزی كاریگەریان لە لایەن دەزگا ئەمنییەكانەوە تێسرەوێنرا، لە هەلومەرجێكی سەختدا بەشداریی كارای لە بنیاتنانەوەی تەونی ڕێكخستنەكاندا كرد. ساڵی ١٩٨٢ لێپرسراوەتیی پۆلی شەهید عەلی ساڵحی ڕێكخراوی كەركوكی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٣ بووە ئەندامی ڕێكخراوی كەركوك و لێپرسراوی كەرتی شەهید ئەنوەر حەسەن. ساڵی ١٩٨٤ یەكێ لەو ١٦ ئەندامەی ڕێكخراوی كەركوك بوو كە لە كۆنفرەنسی سێیەمی كۆمەڵە لە مێرگەپان نوێنەرایەتیی كەركوكیان كرد.

ساڵی ١٩٩٠ خوێندنی ئەكادیمیی لە كۆلێجی كشتوكاڵی زانكۆی بەغدا تەواو كردو بڕوانامەی بەكالۆریۆسی بەدەستهێنا. ساڵی ١٩٩١ لە ئۆرگانەكانی ڕێكخستنی ناوخۆ، لێپرسراوی كۆمیتەی كۆ- كەركوك بوو. ساڵی ١٩٩٨ كەركوكی بەجێ هێشت و لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. هەر لەو ساڵەشدا كرایە ئەندامی مەكتەبی پەیوەندییەكانی دەرەوە. سەرباری كاركردنی لەمەكتەبی پەیوەندییەكانی دەرەوە، لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی كردنی ڕێكخستنەكانی ناو پارێزگای كەركوكیشی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٢ بووە جێگری لێپرسراوی مەكتەبی پەیوەندییەكانی دەرەوە. هەر لەو ساڵەشدا بەشداریی لە كۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە شاری لەندەن كرد.

ساڵی ٢٠٠٣ لە میانەی پرۆسەی روخاندنی رژێمی عیراقدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ سەركردایەتیی یەكێتیدا، ئەركی ڕێنمایی كردنی ڕێكخستنەكانی ناو كەركوك و دروست كردنی شانەی چەكدارو دابین كردنی پێداویستییەكانی جموجوڵی پێویستی ناو شاری كەركوكی گرتە ئەستۆ.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣- ٢٠٠٦ بریكاری وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری بوو لە ئیدارەی



سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ۲۰۰٦ بووە جێگری یەکەمی لێپرسراوی مەڵبەندی ۲ی ڕێکخستنی کەرکوک. ساڵی ۲۰۰۸ کرایە جێگری لێپرسراوی مەکتەبی بیرو هۆشیاری لە سلێمانی و پاش پێکهێنانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران لە ساڵی ۲۰۱۰، وەك یاریدەدەری لێپرسراوی ئەکادیمیا کاری تێدا کردو لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی دەرکردنی زنجیرەی نامیلکەکانی هۆشیاریی کرد کە تایبەت بوون بە تاوتوێ کردنی بابەتی سیاسی و فیکریی جۆراوجۆر. ساڵی ۲۰۱۲ بۆ جاری دووەم کرایەوە بە جێگری لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ناوچە جێناکۆکەکان: ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر» (۲۰۱۰).

## تەرابلوس (ڕێککەوتننامە)

ڕێککەوتننامەیەکی سیاسییە لە نێوان ۱۹ حزب و گروپی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بۆ یەکخستنەوەی هەردوو بەرەی جودو جەوقەدو پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە هەردوکیان، کە لە ساڵی ۱۹۸۳ لە تەرابلوسی پایتەختی لیبیا واژۆ کراوە.

لە ۱۲ی تشرینی دووەمی ۱۹۸۰دا هەشت حزب و گروپی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە دیمەشقی پایتەختی سوریا بەرەی نیشتمانیی نەتەوایەتیی دیموکراتی ناسراو بە جەوقەدیان ڕاگەیاند. پاش دوو هەفتە، دوو ئەندامی بەرەکە، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پێکهێنانی بەرەیەکی دیکەیان بە ناوی بەرەی نیشتمانیی دیموکرات ناسراو بە جود لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند. پێکهێنانی جود کێشەیەکی گەورەی لە کوردستان و هەروەها لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دروست کرد. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکهێنانی بەرەی جودی بە گەلەکۆمەکێیەکی نەیاری سیاسی-



چەکدار دایە قەڵەم. بە کردەوە، پێکهێنانی بەرەی جود لە کوردستاندا خزمەتی ئاشتیی نەکردو بووە مایەی زیادکردنی گرژیی نێوان لایەنە سیاسییەکان. لەسەر ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیش، بووە هۆی ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆن یەکپارچەیی خۆی لەدەست بدا. لەم سەروبەندەدا سوریاو لیبیا هەوڵێکی بێ وچانیان بۆ یەکخستنەوەی ئۆپۆزیسیۆن دا، بەڵام ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لەو ئاستەدا نەبون کە کێشەکەیان پێ چارەسەر بکرێ.

ساڵی ۱۹۸۳ لیبییەکان لە پەراوێزی کۆنگرەی حزب و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی جیهانی عەرەب، بزاوتێکی دیپلۆماتکارانەی چڕیان بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دەست پێ کردو ۱۹ حزب و گروپیان هاندا هەموو رەنج و تەقەللای خۆیان بۆ گەیشتن بە سازان و یەکخستنەوەی ئۆپۆزیسیۆن بخەنە گەڕ.

نۆزدە لایەنەکە پێنج لایەنی کوردستانییان تێدا بوو کە ئەمانەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان. لایەنەکانی تر ئەمانە بون: بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب، پارتی سۆسیالیستی عیراق، سەرکردایەتیی عیراقی پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب، رێکخراوی سوپای رزگاریی گەلی عیراق، یەکێتیی دیموکراسیخوازە یەکێتیخوازە سۆسیالیستەکان، کۆنگرەی گەلی عیراق، پارتی کۆمۆنیستی عیراق، پارتی پێشەنگی دیموکراسی، کۆنگرەی نەتەوەخوازە سۆسیالیستەکان، بەتالیۆنەکانی شۆڕشی عیراق، سەربەخۆ دیموکراسیخوازەکان، بزوتنەوەی یەکێتیخوازە ئازادەکان، رێکخراوی دیموکراسیخوازە تورکمانەکان و پارتی کاری سۆسیالیستی عیراق.

لە ۱ی شوباتدا ۱۹ حزبەکە بۆ ماوەی پێنج رۆژ کۆبونەوەیان لەگەڵ یەکتریدا کردو هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریان بۆ کێشەکانی نێوانیان دا. سورییەکان و فەلەستینییەکان و لیبییەکان رۆڵێکی بەرچاویان لە نزیك کردنەوەی تێڕوانینە جیاوازەکاندا گێڕا. لە بەشێکی زۆری کۆبونەوەکاندا نوێنەری لیبیا عەبدولسەلام جەللود، کەسی دووەمی رژێمی لیبیا، ئامادە بوو و یارمەتیی لایەنەکانی دا بۆ گەیشتن بە سازان. هەروەها هەر یەك لە محەمەد حەیدەر ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب لە سوریاو ئەحمەد جبریل سکرتێری سەرکردایەتیی گشتیی بەرەی رزگاریی گەلی فەلەستین و ئەحمەد حسێن یەمانی ناسراو بە ئەبو ماهر یەمانی و تەیسیر قوبەعە، دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بەرەی رزگاریی گەلی فەلەستین بە سەرکردایەتیی جۆرج حەبەش، لە کۆبونەوەکاندا بەشدار بون.

لە رۆژی شەشەمدا لایەنە سیاسییەکان دیکۆمێنتی رێککەوتنێکیان راگەیاند، تێیدا هاتبوو کە رێککەوتنێکی «یەکجارەکی» لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بەرەی نیشتمانیی نەتەوایەتیی دیموکرات (جەوقەد) و بەرەی نیشتمانیی دیموکرات (جود) کراوە لە ماوەی مانگێك پاش واژۆکردنی بەیاننامەکە، کار بۆ ئەو دەکرێ کە هەردوو بەرە لە یەك بەرەی یەکگرتوودا تێکهەڵکێشی یەکتری بکرێن. دیکۆمێنتەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەرگای بەرەی یەکگرتوو بۆ وەرگرتنی لایەنە ئیسلامییەکان «بە والایی دەمێنێتەوە». لایەنە سیاسییەکان لە دیکۆمێنتەکەدا لەسەر روخاندنی رژێمی عیراق، هێنانە دیی دیموکراسی، سەلماندنی « ئۆتۆنۆمیی راستەقینە» بۆ کوردستان رێك کەوتن. بڕیاریش بوو پاش سێ هەفتە، واتە لە ۲٥ی شوباتدا کۆبونەوەیەك بۆ دانانی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی یەکگرتوو رێك بخرێ.

هەرچەند ماددەی ٤ی ڕێککەوتننامەکە جەختی کردبووە سەر ئەوەی کە دەبێ لایەنە سیاسییەکان لە ٦ی شوبات بە دواوە هێرشی میدیایی و چەکداری بۆ سەر یەکتری ڕاگرن، بەڵام لە کوردستاندا بارودۆخەکە بەرەو گرژییەکی زۆرتر دەڕۆیی. هێزی پاسدارانی ئێران و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ تەنگهەڵچنین بە هاوپەیمانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاستی هەماهەنگیی نێوانیان زۆر پەرە پێ دابوو. هەرچەند پارتی دیموکراتی کوردستان لەو لایەنانە بوو کە ڕێککەوتننامەی ٦ی شوباتی واژۆ کردبوو، بەڵام لە کوردستاندا پابەندی ماددەی ٤ نەبوو کە داوای ڕاگرتنی هێرشی میدیایی و عەسکەریی دەکرد. ئەمەش یەکەم ئاماژەی ڕون بوو بۆ بە هەند وەرنەگرتنی ڕێککەوتننامەی تەرابلوس لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. لە ١٠ی شوباتدا ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عیراق ڕونکردنەوەیەکی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەربارەی جموجوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردەوە، تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو کە هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرماندەیی حەسۆ میرخان «بە یارمەتیی» هێزی پاسدارانی ئێران لە بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوزەنگ و زەڵێ نزیك بۆتەوە. ڕونکردنەوەکە دڵەڕاوکێی ئەوەی دروست کرد کە ئەو هێزە « دەیەوێ سەرلەنوێ شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی عیراق هەڵگیرسێتەوە»و لەم سەروبەندەدا داوای لەو لایەنە سیاسییانە کرد کە ڕێککەوتننامەی تەرابلوس کۆیان دەکاتەوە، فشار لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بکەن بۆ ئەوەی ماددەکانی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ بکات.

لەم سەروبەندەدا پارتی کۆمۆنیستی عیراق ئەرکی دروست کردنی فشاری لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پابەندبون بە خاڵی چوارەمی ڕێککەوتننامەکە گرتە ئەستۆ. لە ١٤ی شوباتدا مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیست لە بروسکەیەکدا بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەی بە بیری پارتی دیموکرات هێنایەوە کە ماددەی سێیەمی ڕێککەوتننامەی تەرابلوس، پارتی دیموکرات بە «دانانی سنورێك بۆ شەڕی نێوان گروپە نیشتمانییە عیراقییەکان» پابەند دەکا و بۆی ڕون کردەوە کە ئەوەی لە ڕێککەوتننامەکە بەدەست هاتووە «هەنگاوێکە لەو پێناوەی کە هەردوکمان پێکەوە خەباتمان بۆ کردووە». هەروەها بروسکەکە ئاماژەیەکی بۆ کۆنوسی ئەو کۆبونەوەیە تێدایە کە لە ٦ی شوباتدا لە ناوزەنگ لە نێوان شاندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق گرێ دراوەو تێیدا هەردولا یەکدەنگ بون لەسەر خۆلادان لە شەڕی ناوخۆو بەکارنەهێنانی چەك بۆ چارەسەرکردنی دوبەرەکییەکان. بروسکەکە بە ئاشکرا ڕونی کردۆتەوە کە هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستێکی «ئەرێنی» بووە. خاڵی گرنگی بروسکەکە لەوە دایە کە پارتی کۆمۆنیست بە پارتی دیموکراتی ڕاگەیاندووە کە زانیویەتی هێزەکانی لە بەرەی ئاڵوەتان و کونەمشك یاوەریی هێزی پاسدارانی ئێران دەکەن و لە ئامادەباشیدان بۆ هێرش کردنە سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە نۆکان و ناوزەنگ و لەم سەروبەندەدا داوای لە پارتی دیموکرات کردووە هێزەکانی لە هێزی پاسدارانی ئێران جیا بکاتەوەو خۆی لە هەر هێرشێك بۆ سەر هێزو بنکەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دورەپەرێز بگرێ.

لە ١٥ی شوباتدا مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی بروسکەکەی پارتی

کۆمۆنیستی دایەوەو بیانوی ئەوەی هێنایەوە کە پارتی دیموکرات بۆ «خۆپاراستن و بەرگری لە خۆ کردن» و هەروەها بۆ «دانانی سنورێك بۆ فشارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێزەکانی لقی ٢و ٤» هێزی لەسەر بەرزترین لوتکەی چیا جێگیر کردووە، بەڵام نکوڵیی لەوە کرد کە هێزەکانی بە یاوەریی هێزی پاسدارانی ئێران پێشڕەوییان کردووە.

هەرچەند پارتی کۆمۆنیست هەموو ماددەکانی ڕێککەوتننامەی تەرابلوسی بە دڵ نەبوو، بەڵام هەوڵیدا ماددەی چوارەمی ڕێککەوتننامەکە بۆ لێك نزیك کردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بقۆزێتەوە. مایەی دڵگرانییە کە هەوڵەکەی سەری نەگرت.

لەو ماوەیەدا هەوڵەکانی تێکهەڵکێش کردنی دوو بەرەکەو پێکهێنانی یەك بەرە لە هەردوکیان بەردەوام بوون. پرۆژەی پرۆگرامی بەرەی خوازراو ئامادە کراو بە کۆی دەنگ پەسند کرا، پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆش ئامادە کرا بەڵام هەندێ لە ماددەکانی کۆدەنگییان لەسەر نەبوو، بۆیە ماددە جێناکۆکەکان بۆ کۆبونەوەی نۆزدە لایەنەکە هێڵدرانەوە.

ڕێککەوتننامەی تەرابلوس سەری نەگرت چونکە ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە کۆتاییدا دژی وەستانەوە. ئێران خوازیار بوو بژاردەیەکی ئیسلامی بۆ عیراقی پاش سەددام حسێن بێنێتە دی، نەشیدەویست لایەنە عیراقییەکان لە ژێر چەتری بەرەیەکی یەکگرتوودا کە سوریاو لیبیا پشتگیرییان دەکرد، کۆ ببنەوە. ترسی ئەوەشی هەبوو لایەنە ئیسلامییەکان بچنە ناو بەرەکە، بەتایبەتی کە ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی تەرابلوس دەرگای وەرگرتنی لایەنە ئیسلامییەکانی بە کراوەیی هێشتبۆوە. هەرچەند سوریاو لیبیا، بە هەمان شێوەی ئێران، پشتگیریی روخاندنی رژێمی سەددام حسێنیان دەکرد، بەڵام پشتگیریی ئەوەیان نەدەکرد رژێمێکی ئیسلامی لە عیراق جێی بگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیریی هەڵوەشاندنەوەی بەرەی جودی نەدەکردو پێی وابوو هەڵوەشاندنەوەی بەرەی جود زۆرتر لە بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دایە. ڕاستییەکەش وا بوو، چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هەڵوەشانەوەی بەرەی جود، لە هەڕەشەی گەلەکۆمەکێی سیاسی- چەکداری هەر سێ لایەنەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق رزگاری دەبوو. ڕێککەوتننامەی تەرابلوس پارتی دیموکراتی بەوە پابەند دەکرد کە زۆرتر لە تێڕوانینی سوریاو لیبیاوە سەبارەت بە ئایندەی رژێمی سیاسیی عیراق نزیك ببێتەوە. ئەمەش لە بەرژەوەندیی ئێراندا نەبوو. لەم سەروبەندەشدا پارتی کۆمۆنیستی عیراق پێی وابو لە ناو ١٩ حزبدا، ناتوانێ پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆی دابین بکات، بەتایبەتی لە کاتی دەنگدان لەسەر بڕیارەکان. لە کۆتاییدا پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە ڕێککەوتننامەکە پاشگەز بۆوەو بایکۆتی کۆبونەوە فراوانەکەی کرد. پارتی دیموکراتی کوردستانیش پێی لەسەر هەڵنەوەشاندنەوەی جود داگرت.

سەرەنجام، ڕێککەوتننامەی تەرابلوس پەکی کەوت و هیچی لێ جێبەجێ نەکرا. ئەمەش دۆخێکی وای لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە کە تێیدا ناکۆکییەکانی ناو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق زۆرتر پەرەیان سەندو بێ بڕوایی باڵی بەسەر پەیوەندییەکانیاندا کێشا. بە هەمان شێوە، پەکخستنی ڕێککەوتننامەی تەرابلوس، لە کوردستان بە شێوەیەکی خراپتر رەنگی دایەوەو بووە هۆی پەرە ئەستاندنی ململانێی چەکدار لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرەی جود. لە بەرەنجامی کۆتاییدا هێزەکانی بەرەی جود

پاش زنجیرە شەڕێکی سەخت و دژوار، بە تایبەتی لە پشتاشان و قەندیل، تەفروتونا بون و زۆربەی بارەگاکانیان بردە ناو خاکی ئێران و سەر سنوری عیراق- ئێران.

بابەتی پەیوەندیدار:

* جود (بەرەی سیاسی).

* جەوقەد (بەرەی سیاسی).

## پاشکۆی ژمارە ١

## راگەیەندراوی کۆبونەوەی فراوانی تەرابلوس (٦ شوباتی ١٩٨٣)

لە سۆنگەی ئەو مەترسییانەوە کە مایەی هەڕەشەن بۆ سەر بونی عەرەب و لەبەر گرنگیی گێڕانەوەی عیراق بۆ خەباتی نەتەوەیی و لەو تێڕوانینەوە کە روخاندنی رژێمی فاشیستی نۆکەر بۆتە ئەرکی سەر شانی هەر شۆڕشێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، هەروەك ئەرکی جەماوەری عیراقیشە کە هێزە زیندووەکانیان نوێنەرایەتیی دەکەن و لەو روانگەیەوە کە هێزە نیشتمانی و نەتەوەخوازو شۆڕشگێڕەکانی عیراق پەی بە رۆڵی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان دەبەن، حزب و هێزو کەسایەتییە نیشتمانییەکان زنجیرەیەك دیدارو چاوپێکەوتنیان ساز کردو لە دواییدا لە ٦ی شوباتی ١٩٨٣داو لە پەراوێزی کۆنگرەی حزب و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی جیهانی عەرەب لە تەرابلوسی پایتەختی کۆماری سۆسیالیستی عەرەبی لیبیا، هەمویان پێکەوە کۆبونەوەیەکی گشتگیریان ساز کردو ویستی خۆیان و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی عیراقیان تێدا بەرجەستە کرد. ئەو حزب و هێزانەی لەو کۆبونەوە گشتگیرەدا بەشدار بون، ئەمانەی خوارەوەن:

١-بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب.

٢-پارتی سۆسیالیستی عیراق.

٣-حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عیراق.

٤-پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب- سەرکردایەتیی عیراق.

٥-رێکخراوی سوپای رزگاریی گەلی عیراق.

٦-پارتی دیموکراتی کوردستان.

٧-یەکێتیی دیموکراسیخوازە یەکێتیخوازە سۆسیالیستەکان.

٨-یەکێتیی دیموکراتی کوردستان.

٩-کۆنگرەی گەلی عیراق.

١٠-پارتی کۆمۆنیستی عیراق.

١١-پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان.

١٢-پارتی پێشەنگی دیموکراسی.

١٣-کۆنگرەی نەتەوەخوازە سۆسیالیستەکان.

١٤-بەتالیۆنەکانی شۆڕشی عیراق.

١٥-سەربەخۆ دیموکراسیخوازەکان.

١٦-یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

١٧-بزوتنەوەی یەکێتیخوازە ئازادەکان.

١٨-رێکخراوی دیموکراسیخوازە تورکمانەکان.

١٩-پارتی کاری سۆسیالیستی عیراق.

لە کۆبونەوەکەدا بڕیار لەسەر ئەمانەی خوارەوە درا:

١-بڕیارێکی یەکجارەکی بۆ یەکخستنەوەی لایەنە سیاسییەکان لە بەرەیەکی نیشتمانیی گشتگیردا دراو دەرگای ئەم بەرەیە لە بەردەم هێزە ئیسلامییە شۆڕشگێڕەکان و هێزو کەسایەتییە نیشتمانییەکانی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و ئەمریکا بە والایی دەمێنێتەوە.

٢-لایەنەکان لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی بۆ بەرەکە رێك کەوتون کە ئامانجەکانی بەم چەشنەی خوارەوە دیاری کراون:

أ-روخاندنی رژێمی فاشیستی نۆکەری عیراق.

ب-هێنانە کایەی رژێمێکی فەرمانڕەوای

دیموکرات، گەلی و یەکێتیخواز.

پ-ئەرکی دیاری کردنی سیستمی فەرمانڕەوایی خوازراو، پاش روخاندنی رژێم، بۆ گەلی عیراق دەهێڵدرێتەوە تاکو بە ویستی ئازادانەی خۆی بڕیاری لێ بدات.

ت-سەلماندنی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستانی عیراق و دەستەبەرکردنی مافەکانی تورکمان و کەمینەکانی تر.

ج-رێکخستنی کۆبونەوەیەك بۆ دانانی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەرە لە ٢٥ی شوبات.

٣-تێکهەڵکێش کردنی هەردوو بەرە لە ماوەی مانگێك پاش واژۆکردنی بەیاننامەکە.

٤-لایەنە سیاسییەکان دەستبەجێ و لەمڕۆ بەدواوە، واتە لە ٦ی شوباتی ١٩٨٣دا، بڕیاریان لەسەر ئەمانەی خوارەوە دا:

-وەستاندنی هێرشی میدیایی بۆ سەر یەکتر.

-دەستبەجێ وەستاندنی ناکۆکی و پێکدادانە چەکدارییەکانی نێوانیان.

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## بانگەوازێك لە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە

لەم قۆناغە گرنگەی خەباتی گەلی عیراقدا کە لە هەموو لایەکەوە هەوڵ و تەقەللای خێرخوازانە بۆ یەکخستنی حزب و رێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانییەکانی عیراق لە بەرەیەکی یەکگرتودا دەدرێت، لەم کاتەدا کە هەموی چەند رۆژێکە ١٩ حزب و رێکخراوی عیراقی، لەوانە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵگەنامەیەکی گرنگیان دەربارەی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو و راوەستاندنی حەملەی ئیعلامی و شەڕ لەگەڵ یەکتردا ئیمزا کردووە، لەم کاتەدا کە پێداویستییەکانی خەباتی گەلەکەمان لە هەموو لایەنەکان وا دەخوازێت ناکۆکیی لاوەکی بە لاوە بنێن و بە رێگەی گفتوگۆی هێمنانە گیروگرفت و ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان چارەسەر بکەن، لەم کاتەدا کە لە هەموو کاتێك پێویستترە پەیوەندیی ئاسایی لە نێوان هێزە کوردستانییەکانی سەر ئەرزی عیراق بپارێزرێت، ئا لەم کاتەدا هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتیی حەسۆ میرخان و بە یارمەتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران، بە پێچەوانەی ئەو بڕیارانەی لە بەڵگەنامەی ٦ی شوباتی ١٩٨٣ی تەرابلوس دراون، دەیەوێ سەرلەنوێ شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی عیراق هەڵگیرسێنێتەوەو لە ٨ی شوباتەوە ئەو هێزە کەوتۆتە پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو ئەو لایەنانە دەکەین کە بەڵگەنامەی ٦ی شوباتی ١٩٨٣یان دەربارەی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو ئیمزا کردووە، زەخت لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن تا ئیلتیزام بە بەڵێنەکانی خۆی بکات و داوای لێ بکەن ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە جێبەجێ بکات. هەروەها داوا لە گەلانی عیراق و هێزە نیشتمانییەکان بە گشتی و گەلی کوردو حزب و رێکخراوەکانی کوردستان بەتایبەتی دەکەین کە بۆ مێژوو شایەت بن چ لایەك هەوڵ دەدا شەڕی ناوخۆ سەرلەنوێ لە کوردستان هەڵگیرسێنێتەوە.

هەڵبەت بە گوێرەی هەموو نەریت و عورف و یاسایەك خۆپاراستن مافی هەموو کەس و لایەنێکە هەر چییەك بێت ئەنجامەکەی.

سەرکردایەتیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١٩٨٣/٢/١٠

## ئەرازوو (گۆڤار)




گۆڤاری یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان. بڕیاری دەرکردنی بۆ کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان لەگوندی نۆکان لە ڕۆژانی ٣و ٤ی ئەیلولی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوە. پاش کۆنگرە، دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی یەکێتییەکە کەوتە کارکردن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەو نەخشە بۆ ئەوە دانرا کەگۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەی یاساییو مافناسی خۆی بنوێنێ. بەڵام لەبەر هەلومەرجی سەختی ئەو سەردەمەو کەمیی ژمارەی لێکۆڵیارانی بواری یاساو مافناسی، دەرکردنی گۆڤارەکە کەوتە هاوینی ساڵی ١٩٩٠.

گۆڤارەکە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە. قەبارەکەی بە ئەندازەی ١٧ بە ٢٤ سم دەبێو ژمارەی لاپەڕەکانی ١٣٠ لاپەڕەیە. کاری تایپو دیزاین کردنی بابەتەکانو چاپ کردنی لە دەزگای ڕۆشنبیریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە شاری سەقز لە ئێران بەڕێوە چووە.

ژمارەکە شەش لێکۆڵینەوەی دەربارەی سزای مەرگ، کاروباری دادوەری لە ئێران، سیاسەتی پریسترۆیکا، ڕەوشی یاسایی لە عیراق، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی)و مافی مرۆڤ لە خۆ گرتووەو هەواڵو چالاکییەکانی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە.

هەروەها بابەتێکی بەبێ ناو لەسەر نلسۆن ماندێلا وەك یەکێ لەگەورە پیاوانی ڕێگای مافی مرۆڤو هەواڵێکیشی سەبارەت بە کۆچی دوایی تەها مامە ڕەزای ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان تێدا بڵاوکراوەتەوە.

ئەوانەی نوسینیان لەگۆڤارەکەدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: فاروق جەمیل سادق کە ڕۆڵی سەرنوسەری دیوە، محەمەد مورتەزانی، محەمەد قەرەداغی، کەریم سنجاریو حەمید بڵباس.

بابەتی پەیوەندیدار:

* یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان.

## تەقتەق (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی تەقتەق لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧. پێش نیوەشەو بەماوەیەکی کەم، هێزێکی هاوبەش لەپێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوك و تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی سەر بە مەڵبەندی ٣و هێزی پشتگیری، لە دوو قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر چەند شوێنێکی دیاریکراو لە ناو شارۆچکەی تەقتەق لەوانە بارەگای سریەی فەوجی ٧٥، بارەگای سریەی نزیك پرۆژەی پەلەوەر، بارەگای

بەڕێوەبەری ناحیە، بارەگای فەوجی سوکی ١٤٩، بارەگای حزبی بەعس، بنکەی پۆلیس، بارەگای مەفرەزە تایبەتەکانی جاش، بارەگای میلیشیای جەیش شەعبی و ڕەبیەکانی دەوروبەری شارۆچکەی تەقتەق.

شەڕ لە ناو شارو دەوروبەری دامەزراو بەشێکی زۆری شارۆچکەکە تا بەیانی لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو. لەم ئۆپەراسیۆنەدا هێزەکانی عیراق ١٦٠ کوژراویان هەبوو، ٤٧ سەربازو پۆلیس و جاشیش بەدیل گیران. هێزی پێشمەرگە ٤ شەهیدی هەبوو، لەوانە عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا لێپرسراوی بەشی پێشمەرگایەتیی مەڵبەندی ٢ کە مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی شەهیدبوونییەوە بەیاننامەی دەرکرد.

## تەقتەق (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی تەقتەق بۆ جاری دووەم لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧. چوار تیپ کە بریتین لە تیپی ٢١ی کەرکوک، تیپی ٢٣ی سورداش، تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و تیپی ٩٣ی کۆیە پلانیان بۆ گرتنی شارۆچکەی تەقتەق دانابوو. شەوی ١٤ لەسەر ١٥ی ئەیلول دەستیان بە جێبەجێ کردنی پلانەکە کرد.

ئۆپەراسیۆنەکە لە سێ قۆڵەوە بەڕێوە چوو. لەقۆڵی یەکەمدا تیپەکانی ٢٣ی سورداش و ٢٥ی خاڵخاڵان هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجی سوکی ١٦٧و ڕەبیەکانی دەوروبەری و لە ماوەی یەك سەعاتدا هەر هەمووی گیرا. جاشەکان ٢٠ کەسیان لێ کوژراو ١٧ کەسیشیان لێ بریندار بوو. هێزی پێشمەرگە لەم قۆڵە دەستی بەسەر ٤٠ کلاشنکۆفدا گرت.

لە قۆڵی دووەمدا تیپی ٩٣ی کۆیە هێرشی کردە سەر دوو ڕەبیەی گردی کارەباکەو دەستی بەسەر هەردووکیاندا گرت. لەم قۆڵەدا جاشێك کوژراو دەست بەسەر ٣ کلاشنکۆفدا گیرا.

لە قۆڵی سێیەمدا تیپی ٢١ی کەرکوك هێرشی کردە سەر بارەگای سریەی جاشەکان و ٤ ڕەبیەو دەستی بەسەر هەموویدا گرت. زۆربەی جاشەکان ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی کە هێرش کرایە سەریان، شوێنەکانیان چۆڵ کردو رایانکرد. هەندێکیان لە ناو تەقتەق خۆیان شاردەوە، لەوانە ٣ کەسیان دواتر گیران. پاش شەڕەکە هەموو دیلەکان ئازاد کران. زیانی پێشمەرگە یەك شەهید بوو.

## تەکێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ هێزێکی سوپای عیراق لەگوندی تەکێ لە ناوچەی قەرەداغ لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٨. لە ئاکامدا ١ ئەفسەرو ٢٠ سەرباز کوژران و ئەفسەرێکی دیکەش بریندار بوو.

## تەلار لەتیف محەمەد



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٤ی سلێمانی. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٣ لە کۆلیجی یاسای

زانكۆی سەلاحەددین وەرگیراوە و ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی بەكالۆریۆسی یاسای بەدەست هێناوە.

ژیانی سیاسیی بە كاری ڕێكخراوەیی لە ریزی یەكێتیی خوێندكارانی كوردستان لە زانكۆی سەلاحەددین دەست پێ كردووە. ساڵی ١٩٩٦ بووەتە ئەندام لە سەندیكای پارێزەران و هەر ئەو ساڵە دەستی بە ژیانی پیشەیی كردووە. ساڵی ١٩٩٩ بووەتە بەرپرسی ئۆفیسی یاسایی یەكێتیی ژنانی كوردستان. ئەمەش ڕێی بۆ خۆش كرد تا بتوانێ كاراتر و سیستماتیكتر لە بواری بەرگریكردن لە مافەكانی ژنان بكەوێتە گەڕ.

ساڵی ٢٠٠٣ بووە ئەندامی دەستەی باڵای یەكێتیی مافپەروەران. ساڵی ٢٠٠٥ بووە ئەندامی سكرتاریەتی یەكێتیی ژنانی كوردستان. هەر ئەو ساڵە بووە ئەندامی بۆردی پەیمانگای كوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)و سەنتەری گەشەپێدانی مرۆیی. دواتر پلەی ئەندامی مەكتەبی لە دەزگای هەڵبژاردن بەدەست هێنا. لە ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٠ دا كرایە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٢دا ئەندامی دەستەی دەستپاكیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بوو. ساڵی ٢٠١٣، لەسەر لیستی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان هەڵبژێردرا و ٣٧٩٢ دەنگی بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠١٨، پاش تەواوبونی خولی پەرلەمان، وەك ئەندامی مەكتەب گەڕایەوە بۆ كاركردن لە دەزگای هەڵبژاردن.

لە كۆنگرەی چوارەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی هەڵبژێردرا. لە ٢٥ی نیسانی ٢٠٢٠ دا لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردی مەكتەب و ئۆرگانەكاندا، بە لێپرسراوی ناوەندی كاروباری یاسایی هەڵبژێردرا.

## تەلعەت محەممەد گلی



ئەندازیاری تەكنیكارو كادیری پێشكەوتوو. لەدایكبوی ساڵی ١٩٤١ی شاری كۆیە. بە ڕەچەڵەك خەڵكی كەركوكە. لەو ساڵەی ئەو تێیدا لە دایك بووە، باوكی كارمەندی گومرگ بووە لە كۆیە و دواتر بۆ كەركوك گوێزراوەتەوە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە كەركوك تەواو كردووە. پاشان لە بەشی ئەندازیاریی كارەبایی ئامۆژگای پیشەسازیی كۆمپانیای نەوتی عیراق خوێندویەتی. بڕوانامەی ئەو ئامۆژگایە یەكسان بووە بە هەردوو قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی. ئەمەش ئەو دەرفەتەی بۆ پێك هێناوە كە لە تەمەنی مێرد منداڵییەوە تێكەڵ بە جیهان ئەندازیاریی كارەبایی و ئیلیكترۆنی ببێت.

ژیانی سیاسیی پاش روخانی رژێمی پاشایەتی لە عیراق دەست پێ دەكا، كاتێك پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە كرد. لە ساڵی ١٩٦٢دا بووە پێشمەرگە و لە دەوروبەری كەركوك، لە ناوچەكانی جەباری و خاڵە بازیانی پێشمەرگایەتیی كرد. لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە كاتی لەتبونی پارتی دیموكراتدا بەسەر باڵی سەرۆكی حزب و باڵی مەكتەبی سیاسیدا، پشتگیریی باڵی مەكتەبی سیاسیی كرد. هەر ئەو ساڵە لە كاتی كاركردنی لە كۆمپانیای نەوتی عیراق (IPC)لە كەركوك، گروپە توركمانییە تۆرانییەكان تەنگیان پێ هەڵچنی، گەڕیان پێ كردو دژایەتییەكیان گەیاندە ئەو رادەیەی كە بۆ بەسرە دور بخرێتەوە، بەڵام ئەو زۆر

لە بەسرە نەمایەوە. هەر ئەوەندە پاسپۆرتی دەرکرد، بەسرەی بەجێ هێشت و چوو بۆ کوێت. لەوێ لە کۆمپانیای نەوتی ئەمریکی کاری کرد.

پاش دوو ساڵ کارکردن، لە ساڵی ١٩٦٦ دا بۆ تەواوکردنی خوێندن، چوو بۆ بریتانیاو لەوێ لە ئامۆژگای پۆلۆتەکنیك وەرگیرا کە ئامۆژگایەکە تەنها ئەو خوێندکارانەی وەردەگرت کە ئاستێکی باڵایان لە ماتماتیك و کۆمیونیکەیشن و تەکنەلۆژیای زانیاری و ئەندازیاریی کارەباییدا هەیە. ئەم ئامۆژگایە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ناوەکەی کرایە زانکۆی لەندەن ساوس بانك. ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی تەواو کردو گەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی خۆی لە کوێت.

ماوەیەکی کەم بەر لەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٧٤ هەڵبگیرسێتەوە، لە ڕێی فاخر ئەحمەد نەقشبەندییەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە جارێکی تر بردییەوە بۆ ناو جیهانی سیاسەت.

لە ساڵی ١٩٧٥ دا، پاش کەمتر لە دوو مانگ لە هەرەس هێنانی شۆڕشی کورد، لەسەر داوای تاڵەبانی، سەردانی سوریای کردو لە دیمەشق چاوی بە تاڵەبانی کەوت. لەوێ ئەوەی لێ بیست کە بە نیازی پێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و پلانی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار هەیە. گلی پشتیوانیی ئەجێنداکەی تاڵەبانی کردو بەڵێنی دا کە گەرم و گوڕتر لە جاران بکەوێتە کارکردن.

پاش گەڕانەوەی بۆ کوێت، شانەیەکی لە ٢٠ کەس بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە پێکهێناو لەو ماوەیەدا هەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد بۆ کردنی کوێت بە دەروازەیەك بۆ نامەو نامەکاریی نێوان دەستەی دامەزرێنەرو ڕێکخستنەکانی کوردستان و بەغدا.

لە ساڵی ١٩٧٩ دا سەرکردایەتی بانگهێشتی کرد بۆ ناوزەنگ و ئەرکی دانانی ئێزگەی ڕادیۆی پێ سپارد. لە مانگی ئازاردا ئێزگەکەی لە زەڵێ داناو پاش بڕینی قۆناغی ئەزمونی بە سەرکەوتویی، گواستییەوە بۆ گوندی نۆکان و پاشان خۆی گەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی خۆی لە کوێت. ئێزگەکە تا پایزی ئەو ساڵە کاری کردو پاشان بە هۆی هەندێ کەموکوڕییەوە لە کار کەوت.

لە ساڵی ١٩٨٠دا گۆڤارێکی بە زمانی عەرەبی بە ناوی «خەلیج» لە کوێت دەرکرد. هەوڵیدا لە ڕێی گۆڤارەکەوە بانگەشە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکاو مەسەلەی کورد بە خوێنەرانی عەرەب زوبان بناسێنێ. هەر ئەو ساڵە، دیسان داوای لێ کرا کاری پێویست بۆ بەگەڕخستنەوەی ئێزگە لەکارکەوتووەکە بکا. لەم سەروبەندەدا بە یارمەتیی هاوڕێیەکی بە ناوی کەمال مەندەلاوی، توانی لە ڕێی دەروازەی سنوری سەفوانەوە لە نێوان عیراق و کوێت، کەرەستەی پێویست بۆ بەگەڕخستنەوەی ئێزگەکە لەگەڵ خۆیدا بێنێ. ئێزگەکە لە ٢٥ی تەموزدا لە گوندی توژەڵە پەخشی ئەزمونیی دەست پێ کردو پاش بڕینی قۆناغەکە بە سەرکەوتویی، لە سەرەتای ئابدا پەخشی ڕۆژانەی بەرنامەکانی دەست پێ کرد. گلی سەرباری ئەوەی کە بە ڕێکوپێکی ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ کرد، خولێکی تەکنیکاری بۆ دوو ئەندازیار بە ناوی عەبدولخالق یوسف حەسەن ناسراو بە ڕێبوارو ڕەنج عەبدولحەمید محەمەد کردەوە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی تەکنیکی کە دەشێ لە ئایندەدا دوچاری ئامێرەکانی پەخش بێ.

لە ساڵی ١٩٨٨دا پاش زیادبونی جموجوڵە سیاسییەکانی و ئاشکرابونی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حکومەتی عیراق پاسپۆرتەکەی لێ سەندەوەو فشاری خستە سەر کوێت

تا دەری بکات. ئەمەش ناچاری کرد کوێت بەجێ بهێڵێ و لە کەنەدا بگیرسێتەوە.

لە کەنەدا بووە بەرپرسی یەکەمی بەرەی کوردستانی، هەروەك لەو ماوەیەشدا کارێکی زۆری بۆ کاراکردنی ڕێکخستنەکانی کەنەدای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردو تا ساڵی ٢٠٠٠ لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخستنانەی لە ئەستۆدا بوو، هەروەك لەو ماوەیەشدا ئەندامی مەڵبەندی دەرەوە بوو.

ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ کوردستان و هەر ئەو ساڵە لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی کە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی تر پێکهاتبوو، بە ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق هەڵبژێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*خەلیج (گۆڤار).


*دەنگی گەلی کوردستان (ئێزگە).

## تەنگیسەر (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی کەرتی گەرمیانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و جاشەکانی زەڕایەن لەگوندی تەنگیسەر. لە ٣ی نیسانی ١٩٧٩دا پێشمەرگەکان هێرشیان کردە سەر ئەو جاشانە لەگوندی تەنگیسەرو ٧ جاشیان لێ کوشتن و ٥ جاشی دیکەشیان لێ بریندار کردن.

## تەوار (گۆڤار)

گۆڤاری یەکێتیی ژنانی کوردستان. پاش دامەزراندنی یەکێتیی ژنانی کوردستان لە٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ لە شاری سەقز، لیژنەی ڕاگەیاندن بە سەرپەرشتیی هێرۆ برایم ئەحمەد




پێك هێنراو ئەم لیژنەیە ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکەی گرتە ئەستۆ.

خولی یەکەمی ئەم گۆڤارە تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە کەهەردوکی لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە شاری سەقز چاپ کراون. ژمارە یەك لە ئازاری ١٩٩٠ دەرچووە. قەوارەکەی ٢٥,٥ بە ١٨ سم و ژمارەی لاپەڕەکانی ٥٥ لاپەڕەیە. ژمارە دوو لەکانونی یەکەمی ١٩٩٠ دەرچووە، قەوارەکەی هەمان قەوارەیەو ژمارەی لاپەڕەکانی ٦٢ لاپەڕەیە. هەردوو ژمارە لە تایپو دیزایندا پێشکەوتون.

بابەتەکانی هەردوو ژمارە تایبەتن بە کاروباری ژنان و دەرفەتێکی گونجاویشیان تێدا بۆ بابەتی وێژەیی ڕەخسێنراوە. هیچ یەك لەم دوو ژمارەیە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە. ئەوانەی بە نوسین و بابەتی وەرگێڕدراو بەشدارییان لەم دوو ژمارەیە کردووە ئەمانەن: هێرۆ برایم ئەحمەد، فەرهاد ڕەسول، عەبدولجەبار محەمەد جەباری، ڕێزان ئەحمەد هەردی، بێریڤان مستەفا، کەژاڵ عەباس،

تارا شێخ عوسمان، جەوهەر کرمانج، گەلاوێژ فوئاد، کەژاڵ قەرەداغی.

هەردوو ژمارەی خولی یەکەم چەردەیەك دیکۆمێنتیان تێدا بڵاوکراوەتەوە لەوانە بەیاننامەی یەکێتیی ژنان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە، بەیاننامەی یەکێتیی ژنان بە بۆنەی یادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو نەورۆزەوە، بانگەوازی یەکێتیی ژنان بۆ کچانو ژنانی کوردستان، بەیاننامەی یەکێتیی ژنان بەبۆنەی یادی دامەزراندنییەوە.

خولی دووەمی ئەم گۆڤارە ساڵی ۱۹۹۲ دەست پێدەکاو هەموو ژمارەکانی لە شاری سلێمانی دەرچوون. خولی دووەم لە ژمارە ۳ وە دەست پێدەکاو شەش ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارەی ئەم خولە کە ژمارە ۳یە لە ئەیلولی ۱۹۹۲ دەرچووەو ژمارە ۸ کە دوایین ژمارەیە لە ئەیلولی ۱۹۹٤ دەرچووە.

ژمارەکانی ئەم خولە ناوی سەرنوسەرو دەستەی نوسەرانیان لەسەر نیەو لە ژمارەکانی بەراییدا گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی ڕۆشنبیری خۆی ناسیوەو لە ژمارەکانی دواتردا وەك گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزی. قەوارەی یەکەم ژمارەی خولی دووەم لەوانەی پاشتر گەورەترە، بەڵام لە کۆتاییدا گۆڤارەکە لەسەر قەوارەی نیو فولسکاب گیرساوەتەوە. لەم خولەدا وێنە زۆرتر بەکار هاتووە بەڵام دیزاینی ژمارەکان و چاپیان پێشکەوتوو نیە.

ژمارەکانی ئەم خولە جگە لە وتاری تایبەت بە کاروباری ژنان، شیعرو کورتە چیرۆك و پەخشان و کاریکاتێریشیان تێدا بڵاوکراوەتەوەو ئەرکی ڕوماڵ کردنی هەواڵی چالاکییەکانی یەکێتیی ژنانی کوردستانیان بە ڕێکوپێکی گرتۆتە ئەستۆ.

ژمارەیەك نوسەر بابەتیان لەم خولە بڵاوکردۆتەوە لەوانە ئەمیرە محەمەد ئەمین، پرشنگ مەمەند، ئەمیرە حەسەن، شیرین. ك، مەهاباد سدیق محەمەد، دکتۆر ڕێژان ئەحمەد هەردی، هێرۆ برایم ئەحمەد، محەمەد حەمە ساڵح توفیق، کوێستان محەمەد، شیلان ڕەسول، کوردە نەقشبەندی، کەمال جەلال غەریب، گوڵزار ئەبوبەکر، سوعاد حەسەن عەبدوڵڵا، بێستون سابوراوایی، عەبدوڵڵا بەکرەجۆیی، جەبار ئەحمەد بەرزنجی، کەژاڵ ئەحمەد، مژدە عومەر گوڵ، محەمەد نوری تۆفیق، عەبدولمەجید ماوەتی، مستەفا ساڵح کەریم، حەسیب قەرەداغی، شێرزاد حەسەن، محەمەد مەردان، چۆمان ئەحمەد، تۆفیق سەعید.

خولی سێیەمی گۆڤارەکە ساڵی ۲۰۰۱ دەست پێدەکاو ئەم خولە لە هەموو ڕویەکەوە لەهەردو خولی پێشوو بەپێشکەوتوتر دادەندرێ. لەم خولەدا گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی «ڕوناکبیریی گشتی» خۆی ناسیوە بەڵام لە ژمارە ۱۳دا کە لەزستانی ۲۰۰٦ دەرچووە وەك «وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی ئەدەبیی گشتی»و لە ژمارە ۲۹دا کە لە زستانی ۲۰۱۰ دەرچووە وەك «گۆڤارێکی وەرزیی ڕوناکبیریی گشتی» خۆی ناسیوە. لەیەکەم ژمارەوە تا ژمارە ۱۲ لە ژێر تایتڵی «ڕوەو کۆمەڵێکی مەدەنیو یەکسان» دەرچووە. لە سەروتاری یەکەم ژمارەی خولی سێیەمدا ئاماژە بە خولەکانی پێشو کراوەو ئامانجی گۆڤارەکە بەمجۆرە دیاری کراوە کە«تا کاتی دەرچونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری تەوار لە ئاوارەییدا، بونی گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان، یەکێك بوو لە کەلێنە دیارە پڕ نەکراوەکانی بواری چاپەمەنی، بۆیە بە مەبەستی هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، وا جارێکی تر گۆڤاری تەوار لە خولی سێیەمدا بە چاپ دەگات. بەچاپگەیاندنی ژمارە یەك و دووی تەوار لە کاتی خۆیدا زەرورەت و گرنگیی زۆری هەبوە لەو قۆناغەی خەباتی گەلەکەماندا. دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان داهێنانێکی نوێو هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ

هۆشیارکردنەوەی ژنانو بەشداری کردنیان لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا».

یەکەم ژمارەی ئەم خولە لە شوباتی ٢٠٠١ دەرچووە. بابەتەکان بە بەراورد لەگەڵ دوو خولی پێشوو سەنگینترن و چەند بوارێك تاوتوێ دەکەن وەك کێشەکانی ژنان لە کوردستان و جیهان، ڕەوتی بزوتنەوەی فیمینیستی، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ناسینی ژنانی ناوداری کوردو جیهان.

یەکێتیی ژنانی کوردستان خاوەنی ئیمتیازی خولی سێیەمی گۆڤارەکەیە. یەکەم سەرنوسەری ئەم خولە پەیمان عیززەدینە بەڵام لە ژمارەی حەوتەمەوە گۆڤارەکە ناوی سەرنوسەری لەسەر نامێنێو گۆڤارەکە بەبێ ئەوەی ناوی سەرنوسەرو ناوی ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر بێ دەردەچێ.

لە ژمارە ١٣دا کە لەزستانی ٢٠٠٦ دەرچووە، ڕێواز فایق بۆتە سەرنوسەری گۆڤارەکە، بەڕێوەبەری نوسینیش شەماڵ عوسمانە. لەم ژمارەیە بەدواوە گۆڤارەکە بە ستایلێکی جیاوازترو پێشکەوتوتر دەرچووەو بابەتەکانی سەنگینترو بەبڕشتن. دەستەی نوسەران سێ ئەندامی بە ناوی سۆزان جەمال، شیرین تاهیرو چنور محەمەد، لە خۆ گرتووە.

لە هەردوو ژمارەی ١٥ی ١٦دا شەماڵ عوسمان وەك جێگری سەرنوسەر کاری کردووە بەڵام لە ژمارە١٧دا کە لە زستانی ٢٠٠٧ دەرچووە، کارزان محەمەد جێی شەماڵ عوسمانی گرتۆتەوە و هەر لەو ژمارەیەدا چنور محەمەد لە دەستەی نوسەران نەماوەو ئاریێز سۆران چۆتە جێی. لە ژمارە ٢٦دا کە لە بەهاری ٢٠٠٩ دەرچووە. ئاریێز سۆران لە دەستەی نوسەران نەماوەو لە ژمارە ٢٨دا پۆستی جێگری سەرنوسەر نەماوەو کارزان محەمەد خراوەتە ناو دەستەی نوسەران.

لە ژمارە ٢٩دا کە لە زستانی ٢٠١٠ دەرچووە، کنێر عەبدوڵڵا لێپرسراوەتیی سەرنوسەریی گۆڤارەکەی گرتۆتە ئەستۆو لەم ژمارەیەدا دەستەی نوسەران لە سۆزان جەمال و شیرین تاهیر پێك هاتووە. کاروباری تەکنیکیی خولی سێیەم لەئەستۆی چەند کادیرێکدا بووە لەوانە ئومێد محەمەد، سەردار رەئوف، بەیان حەسەن، سۆران رەفعەت، عادل شاسواری، ئارام سۆفی.

بابەتی پەیوەندیدار:

* یەکێتیی ژنانی کوردستان.

## پاشکۆ

## یەکەم سەروتاری گۆڤاری «تەوار» (١٩٩٠)

لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو زۆربونو ئاڵۆزبونی پێویستییەکانی مرۆڤایەتیو پەیدابونی ڕێکخراوە تایبەتییەکانو ویستی تایبەتی، ڕێکخراوە تایبەتییەکانی ژنانیش لەگەڵ پێداویستییەکانی قۆناغدا گەشەیان کردوە.

لە زۆربەی وڵاتاندا ڕێکخراوەکانی ژنان خاوەن رۆڵێکی کاریگەرنو لە چەندین بواری جۆراوجۆردا بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسانییان لە تەك پیاوداو بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی کارو موچەو ناوماڵو گیروگرفتی تایبەتیان دەخەبتن، هەروا بۆ رزگاربونیان لە گەلێك خوو و رەوشتی ناپەسند کە هەندێکیان هۆی دەرونییان هەیەو هەندێکی کەشیان خوو و ڕەوشتی وەرگیراون، کە هەڵاتن لە سەختیی ژیانو هاوڕێی نالەبار گیرۆدەی ئەم جۆرە خوو و رەوشتە زیانبەخشانەیان دەکات.

جگە لەم چالاکییانە بە کردنەوەی کۆرسی جۆراوجۆریش ئەندامەکانیان فێری کاری نوێ

دەکەنو لە بێدەرامەتی دەیانپارێزنو یارمەتیی ژنانی هونەرمەندی بێ دەرامەت دەدەن و شوێنو دەزگا بۆ ئامادەکردنی بەرهەمە هونەرییەکانیان تەرخان دەکەنو لە بواری بڵاوکردنەوەشدا دەستگیرۆییان دەکەن.

جگە لەمەش جێو رێی تایبەتیان بۆ حەوانەوەی ئەو ژنانە هەیە کە بە هۆی ناکۆکییان لەگەڵ مێردەکانیان لێك دادەبڕێن و هەوڵی نزیك خستنەوەو پێك هاتنەوەشیان دەدەن.

هەر بۆیە ئەم جۆرە رێکخراوانە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەستی یارمەتی بۆ ئەندامەکانیان درێژ دەکەنو فێرکەرو هاندەریانن. بەپێی نوسینی زۆربەی گەڕیدەکان ژنی کورد لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا رۆڵی دیارو هەستپێکراوی هەبوەو تەنانەت زۆربەشیان جیاوازییەکی دیاریکراویان لە نێوان ژنی کوردو ژنانی گەلانی هاوسێدا بەدی کردوە.

هەر بۆ نمونە لە شاری سلێمانیدا لە بواری پەروەردەو فێرکردندا پێش کردنەوەی قوتابخانەی دەوڵەتی لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە ناوی مەلا فاتم و مەلا رەعناو مەلا خەجێ و مەلا ئامینە دێ، کە خاوەن حوجرەی خۆیان بوون و قوتابیی کوڕو کچیان هەبوەو فێری قورئان و هەندێك پەرتوکی کوردی و فارسییان کردون.

جگە لەمەش گەلێك ژن لێزانانەو ئازایانە سەرپەرشتیی گوندو زەویو زاری باووباپیران و هاوسەرەکانیان کردوەو لە بواری سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کاروباری سیاسەتیشدا، نمونەی بەرچاوی وەك خانزادی میری سۆران و خانمی ئەردەڵانمان هەیە، کە هەندێکیان تا ئەمڕۆش جێ پەنجەیان بە گەلێك بواری کۆمەڵایەتییەوە دیارە. بەڵام بە داخەوە هێشتا ژنی کورد مافی رەوای خۆی بەدەست نەهێناوە. چونکە هێزی پەرەوازەو بێ بەرنامە چەند کارامەو لێهاتوش بێت هیچ کەڵکێکی لێ وەرناگیرێت، تەنانەت بۆ کارێکی زۆر ئاساییش هیچ جۆرە هیوا و ئومێدێك بەدی ناهێنێت.

هەر بۆیە لێرەدا کە دەڵێین ماف مەبەستمان ئەو مافانە نیە کە لە بایەخی ژن وەکو مرۆڤ کەم دەکەنەوە، نەخێر ئێمە ژنمان وەك بوکە شوشەیەکی رازاوەو رەنگاوڕەنگی بێ روحو هەست و بیر ناوێت!

مافی ژن لای ئێمە ئەو هەستەیە کە پێش پیاو لای خۆی دروست بێت کە ئەویش مرۆڤەو چەندین مافی رەوای خۆی هەیەو ئەرك و فەرمانەکانی بزانێت. کچ بوونو کوڕبوونی منداڵەکەی لا یەکسان بێو ئەو خۆشەویستییە تایبەتییەی بۆ کوڕەکەی دەری دەبڕێ لە نێوان کچو کوڕدا رابگرێ. لەوانەیە زۆربەتان هەستتان بەوە کردبێ کە چۆن دایکێك زۆر بە ڕەزامەندی و روخۆشییەوە سەیری سەرکوت کردنی کچە گەورەکەی لە لایەن کوڕە بچوکەکەیەوە دەکات. جا لەبەر ئەوەی ژن زۆربەی کات لە ماڵەوەیەو سەرپەرشتیی راستەوخۆی مناڵەکانی دەکات دەبێ بیر لەوە بکاتەوە گیانی تەباییو یەکسانی لە نێوان کچو کوڕەکەیدا دروست بکات.

ئەگەر مناڵ لە سەرەتای ژیانیدا سەرکوت کراو ئەو هەستەی لا دروست بوو کە ئەو مرۆڤی پلە دووە ئەوا ئەو هەستە لەگەڵیدا گەورە دەبێ و لە گەورەبونیدا بە دوو جۆر خۆی دەنوێنێ:

یا ئەوەتا ئەو مرۆڤە دەبێتە مرۆڤێکی سەرکێشو هیچ پەیڕەویی خوو و ڕەوشتە پەسندەکانی کۆمەڵگاکەی ناکات. یان هەمان رەفتاری سەرکوت کردن دەگرێتە بەرو تۆڵەی خۆی لە وردیلەکانی دەکاتەوەو لە هەمان کاتیشدا زیانێکی گەورە بە کوڕەکەی دەگەیەنێو فێری رەفتاری ناپەسندو ناڕەوای دەکات.

یەکێك لەو مافانەی ئێمە بۆی دەخەبتین مافی خوێندنە بۆ گشت کچان و ژنان، چونکە وەك دەزانین لە گەلێك خێزاندا کچە زیرەك و لێهاتووەکەیان بە

ناوی یارمەتیدانی دایکییەوە بە قوربانی ئیشو کاری ناوماڵ دەکەنو ڕێی خوێندنو گەشەکردنی لێ دەبەستن، کە گەورەش بوو بە پارەیەکی یەکجار زۆر بە میوە فرۆشێك بە شوی دەدەن.

بەپێی ئایینی ئیسلامیش مارەیی ژن نۆزدە مسقال ئاڵتون و ڕەزامەندیی هەردوو مرۆڤەکەیە. ئیتر خشڵی زۆری جۆراوجۆر هیچ نرخو بایەخێك بۆ ژن پەیدا ناکاو بە پێچەوانەشەوە پیاو دەخاتە ژێر باری قورسی قەرزارییەوەو سنورێکیش لە نێوان خۆشەویستیو ژندا دروست دەکا. هەر بۆیە گیروگرفتی خێزانی نوێ لە زۆریی خەرجیی زەماندو مارەییەوە سەرچاوە دەگرێ.

ماف لای ئێمە لە ناوبردنی کۆمەڵێك لەو بیرو بۆچونە خراپو هەڵانەیە کە لەگەڵ باری سەختو ناهەمواری گەلەکەماندا بونەتە کۆت و زنجیرو کراونەتە گەردنی کۆمەڵگاکەمانو وزەو توانای گەلەکەمانیان کردوە بە نیوە.

ئەگەر ئێمە لەم کاتە نالەبارەداو دوای کارەساتی هەڵەبجە کە نەك هەر دڕندەیی دوژمنەکەمان دەردەخات بەڵکو قوڵیو درێژخایەنیی دژایەتیی دوژمنەکەشمان دەخاتە ڕوو، باسك و قۆڵی خەباتی ڕێکخراوەییو جەماوەری لێ هەڵنەماڵین ئەوا بێگومان ڕۆژگار بە زیانی گەلەکەمان دەشکێتەوەو مێژووش لەو ئەرکە نیشتمانییە نامان بووری. هەر بۆ نمونە نەورۆز کە تاکە جەژنی تایبەتی گەلەکەمانەو هەڵبژاردنی کاتی کارەساتی هەژێنەری هەڵەبجە لەو چەند ڕۆژەی پێش نەورۆزدا لە لایەن دوژمنەکانمانەوە ڕاستیی دووربینیی فاشیستەکان دەردەخات کە ئەوان نەیان ویستووە کارەساتێکی کاتی بێ بەڵکو کارەساتێك بێ تا کورد ماوە پشتاو پشت یادی هەڵەبجەو نەورۆز تێکەڵ بکاو خەمو پەژارەو ماتەمی هەڵەبجەو خۆشیو شادیی نەورۆز خەمبار بکەن.

لە «یادگاری لاوان»دا نوسراوە:

«ژن بازویەکی نەرمی هەیە بەڵام بەهێزە کە سەوڵی کەشتیی ژینی کۆمەڵێك بگرێتە دەست، لە دەریای تەنگانەدا ڕزگاریان بکات». بە ڕاستیش ژن ئەمەیە، ئەو بازووە نەرمە بەهێزانەن کەئەمڕۆ گەلەکەمان پێویستی زۆری پێیانە، چ بۆ بەگەڕخستنی چەکی قەڵەم، چ وەك پەرستارو چ وەك پێشمەرگەو چ بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بە گیانی خۆشەویستیی خاكو نیشتمان هتد. ئەگەر لەناخۆشیدا خۆ بدزینەوەو گەلو هاوڕێو خزمو کەسوکار جێ بێڵین، لە دوارۆژی ڕوناکی کوردستانی سەرفرازدا چۆن دەتوانین وەڵامی ویژدانو هاوڕێیانمان بدەینەوە؟ چ جای داواکاری مافەکانمان! ئێمە ئێستا لە سەردەمی گۆڕان و نەمانی دیکتاتۆریەتەکاندا دەژین، هیچ کاتێکیش ماف لەسەر سینیی زێڕین پێشکەش نەکراوە، بەڵکو ورەو کۆششو ماندوبون و خەبات و خوێن مافیان بەدەست هێناوە.

گەلی جەزائیر یەك ملیۆن شەهیدی قوربانی سەرکەوتن کردو نازناوی وڵاتی ملیۆنێك شەهیدە، فەلەستینییەکان جگە لە خەباتی درێژخایەنیان وا سێ ساڵە بە بەرد شەڕی داگیرکەر دەکەن!

خوشکی کوردی قارەمانمان بەو مێژوە پڕ لە شانازیەوە لە چیی کەمە؟ ئەگەر ئەمڕۆ یەك نەگرینو خۆ ساز نەدەین ئەی دەبێ کەی ئەو ئەرکەی سەرشانمان بەجێ بێنین؟!

هەر بۆیەش چەند خوشکێکتان قۆڵیان لێ هەڵماڵیو بڕیاریان دا بە ئومێدی هاوکاریی تەواوی ژنان و کچانی کوردستان بناغەی یەکێتیی ژنان لەسەر شێوازێکی نوێو بە بیرو بۆچونێکی نوێوە دابمەزرێنن، بە سازدانو بەگەڕخستنی هێزو توانای گشت کچان و ژنانی کوردستان بێ گوێدانە بیرو بۆچونی سیاسییان. مەبەستی یەکێتییەکەمان یارمەتیدانی ژنانی کوردستانە، بۆ سازدانو

گەشەکردنیەتی، بە مەبەستی گرتنەوەی هەتوانی خەباتە تا ئێمەش وەك باقی چینو توێژەکانی کۆمەڵ لە سارێژکردنی برینی قوڵی گەلەکەمان بەشدار بین چونکە زامەکانمان هەر بەدەستی خۆمان سارێژ دەبنەوە و کەس ناتوانێ سارێژی بکات.

ئێمە دەزانین دوژمنەکەمان درندەیەو یاریدەدەرو هاریکاری جۆراوجۆری هەیە، بەڵام چونکە رژێمێکی تاکەکەسیو لە خزمەتی یەك مرۆڤ دایە شکی تێدا نیە کە چارەنوسی لە چارەنوسی چاوشیسکۆو خانمەکەی چاکتر نابێ و هاکا رەشەبای رق و تورەیی کۆمەڵانی خەڵك تەخت و تاراجی ئەمیشی تێك داو بەرەو سەرەنوێلکی مێژووی برد.

هەمیشەو بە درێژایی مێژووش سەرەنجامی دیکتاتۆرو ملهوڕان هەروەها بووە.

سەرچاوە: گۆڤاری تەوار، ژمارە١، ئازاری ١٩٩٠.

## تەها عەبدوڵڵا فەرەج سێکانیانی



پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی سێکانیانی دۆڵی جافەتی. خوێندنی سەرەتایی لەگوندی سەرگەڵوو تەواو کردووەو لە قۆناغی ناوەندیدا تا پۆلی دووەم لە کەرکوك خوێندویەتیو پۆلی سێیەمی لە سلێمانی تەواو کردووەو پاشان دەستی بە خوێندنی ئامادەیی کردووە.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٣ لە بەرگەڵوو پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ستافی چاپخانەی برایم عەزۆ دروست کردوە و زۆربەی پێداویستییەکانی چاپخانەکەی وەك کاغەزو ستێنسلو پارچەی یەدەك لە سلێمانی دابین کردووەو لە کاتی پێویستدا بۆ پەیداکردنی هەندێ پارچەی یەدەك چۆتە بەغداو لەوێ پەیدای کردووە.

ساڵی ١٩٨٥ لە بازگەی سارداو یەك کارتۆن کتێب و بڵاوکراوەی چاپخانەو هەندێ نامەی پێ گیرا. لە کاتی دەستگیرکردنی، خوێندکاری پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو. لەگرتوخانەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی سلێمانی بۆ ماوەی شەش مانگ ئازار دراو پاشان رەوانەی بەغدا کرا. لەوێ بیست ساڵ زیندانی حوکم درا. ساڵی دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە تیپی مەڵبەندی دوو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لەو ماوەیەدا بەشداریی لەزۆربەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووەو لە کاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیونی داستانی رزگاریدا لە ساڵی ١٩٨٧ بەشداریی کردو برینداریش بوو تێیدا. ساڵی ١٩٨٨ بەشدارییەکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالی دۆڵی جافەتیو بەری مەرگەدا کرد. هەمان ساڵ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کشایەوە سەر سنور بەڵام لەوێ نەسرەوت، بەڵکو زوو بۆ ناوچەکانی شوانو قەڵاسێوکە گەڕایەوەو بەشداریی لەبەرپەرچدانەوەی شاڵاوی چوارەمی ئەنفالدا کردو لە کیمیابارانەکەی گوندی گۆپتەپەدا بە سەختی بریندار بوو. پاش مانگێك مانەوەو خۆحەشاردان لە ناوچەکە، لە ڕێی ڕێکخستنەکانەوە چووە رانیەو لەوێوە خۆی گەیاندە شاری سەردەشت لە ئێران.

لە کاتی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەدا، پەیوەندیی بە تیپی ٢٩ی کەڵکە سماقەوە کردو لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکاندا ماوەیەك ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی لە ناوچەی سورداش جێبەجێ کرد.

ساڵی ١٩٩١ کرایە لێپرسراوی ئیدارەی بەتالیۆنی

١٥ی چەمی ڕەزان. لە کاتی ڕاپەڕیندا لە کاتی هاتنە خوارەوەی هێزەکاندا، لە نزیك گوندی گەناوی ناوچەی پشدەر مینێك لە ژێر پێی تەقییەوەو بوە هۆی لەدەستدانی قاچی چەپی‌و بە سەختی بریندابونی قاچی ڕاستی.

لە ساڵی ١٩٩٣دا کرایە ئەفسەری ئیداری لەفەوجی یەکی لیوای ٢٢ی فەرماندەیی ناوچەی سلێمانیی سوپای یەکگرتوی کوردستان. لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٧دا ئەرکی ڕێکخستنی پێ سپێردراو لەکۆمیتەی ڕێکخستنی پیرەمەگرون پلەی ئەندامی کۆمیتەی پێ درا. لە ساڵی ١٩٩٤دا لێپرساوەتیی فەرمانگەی ئاوی دوکانی پێ سپێردرا کە سەرپەرشتیی دابین کردنی ئاوی دوکانو پیرەمەگرونو خەلەکانو بنگرد دەکا. ساڵی ٢٠٠٠ بە پلەی عەمید خانەنشین کرا. لە ساڵی ٢٠٠٩دا وەك کارگێڕی لقی دوکانو شارباژێری کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر کاروباری کۆمەڵەکەی هەڵسوڕاند.

ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ سەرهەڵدانی هەڕەشەکانی گروپی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، وەك پێشمەرگەی خۆبەخش لە شەڕەکانی جەلەولاو قەرەتەپەدا بەشداریی کردو لە شەڕەکانی قەرەتەپەدا بریندار بوو.

## تەها فەقێ یوسف*



کادیری پێشکەوتووی ڕێکخستنی ناوشار. لەدایکبوی ساڵی 1950ی شاری هەولێر. لە بنەماڵەیەکی مامناوەندو نیشتمانپەروەرو ئاینپەروەر بووە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا لە ئامادەیی پۆلیس وەرگیرا و لەو ماوەیەدا کە خوێندکار بوو لە بەغدا، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٠ پاش تەواوکردنی خوێندن لە ئامادەیی پۆلیس، بە پلەی کۆمیسێر (مفەوەز) لە ناوەندی هەولێر دامەزراو ساڵی پاشتر گوازرایەوە بۆ مەخمورو پاشان بۆ ڕەواندزو لە ساڵی ١٩٧٣دا گوێزرایەوە بۆ چۆمان.

دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا لە نێوان کوردو ڕژێمی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو تا هەرەس هێنانی شۆڕش وەك دادوەری دەشتی هەولێر کاری کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێرو ڕێی پێ نەدرا بچێتەوە سەر پیشەی کۆمیسێری پۆلیس، بەڵکو بۆ شاری دیوانیەی باشوری عیراق دور خرایەوەو لەوێ وەك کارمەندێکی دەوڵەت لەفەرمانگەیەکی ئەو شارە دامەزرا. پاشان بۆ کارگەی ڕستنو چنینی بەغدا گواسترایەوەو لەوێ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٩ سزای دورخراوەیی لەسەر لابرا و بۆ کارگەی ڕستنو چنینی هەولێر گوازرایەوە، لە هەولێر لە ناو کۆمیتەی ڕێکخستنی هەولێر درێژەی بە هەڵسوڕانی داو لە ساڵی ١٩٨٠دا ڕابەرایەتیی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناوشاری کرد کە ئەرکەکەی ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانە بوو لە ناو شاری هەولێر. کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکە لە سێ ئەندام پێك هاتبون یەکێکیان ئەو بوو، دوانەکەی تر کەریم ڕەسولو ئیسماعیل فەقێ حەسەن بون. ڕێکخراوەکە چەند چالاکییەکی شۆڕشگێڕانەی لە ناو هەولێر ئەنجام دا کە دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبوو.

لەم سەروبەندەدا دەزگا ئەمنییەکان هەموو هەوڵو تەقەللای خۆیان بۆ ئاشکراکردنی ڕێکخراوەکە خستە گەڕو توانییان هەندێ لە سیخورەکانی خۆیان بخزێننە ناویەوە. لە٢٣ی ئازاری ١٩٨١ دەزگا ئەمنییەکان هەر سێ کارەکتەرە سەرەکییەکەی ڕێکخراوەکەیان دەستگیر کرد. سەرەڕای ئەشکەنجەدانی سەخت، هەرسێکیان بەرگەیان کردو هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنیان نەدرکاند.

لە یەکی تەموزی ١٩٨١دا تەهاو ئیسماعیل لە بەندیخانەی ئەبوغرێب لەسێدارە دران و کەریم دوای ئەوان بە چەند هەفتەیەك لەسێدارە درا.

## تیپ

١- گەورەترین یەکەی هێزی پێشمەرگە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٢ - ١٩٨٩. ساڵی ١٩٨٢ بڕیاری دروست کردنی دراوە. پێش پێکهێنانی تیپەکان، هێزی پێشمەرگە کاری بە سیستمی هەرێمەکان کردووە کە سیستمێکە لە ئەیلولی ١٩٧٧ داهێنراوە و بە هۆیەوە کوردستان بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش کراوە و هەر هەرێمێك فەرماندەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ دیاری کراوە.

هەرێمەکان سنورێکی فراوانیان هەبوو، ژمارەی پێشمەرگەش زیادی کردبوو. لە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مەکتەبی عەسکەریدا هەست بەوە کرابوو کە شەڕی پێشمەرگانە پێویستی بە یەکەی بچوکترە کە لێی رادەبینرێ ئەرکەکانی خۆی بە شێوەیەکی باشتر هەڵسوڕێنێ. لەم سۆنگەیەوە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان دراو لەم سەروبەندەدا هەر هەرێمێك بەسەر چەند تیپێکدا دابەش کرا. تیپەکان لەسەر بنەمای ژمارەی کەرت و پێشمەرگەکان پێك هێنرانو پێوانەیەکی یەکگرتوو لەم ڕووەوە پیادە نەکرا. لەبەشێکی هەرێمەکاندا هەر کەرتێکی هەرێمەکە تیپێکی لێ پێك هێنراو لە بەشێکی تردا لە هەر چەند کەرتێك تیپێك پێك هێنرا. لە ساڵانی دواتردا هەندێ لەتیپەکان پاش زیادبونی ژمارەی کەرتو پێشمەرگەکانیان تیپی دیکەیان لێ دروست کرا.

لە سیستمی تیپەکاندا هەر تیپێك لە ٤ تا ٦ کەرت و هەر کەرتێکیش لە ٣ تا ٤ مەفرەزە پێك هاتووە. لێپرسراوی یەکەمی تیپ پێی وتراوە فەرماندەی تیپ یان سەرتیپو هەر سەرتیپێك جێگرێکی هەبووە. پاش سەرتیپ و جێگرەکەی، فەرماندەی کەرت دێ کەئەویش جێگرێکی هەبووەو بچوکترین لێپرسراوەتی، فەرماندەی مەفرەزەیە. بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نەدەبوو ژمارەی پێشمەرگەکانی هیچ تیپێک لە ٣٠٠ پێشمەرگە زیاتر بێ.

تیپە بەراییەکان کە ساڵی ١٩٨٢ دامەزراون ئەم تیپانەن: ١١ی هەورامان، ١٥ی شارەزور، ٥١ی گەرمیان، ٥٥ی قەرەداغ، ٣١ی بەرزنجە، ٣٣ی سلێمانی، ٣٧ی شارباژێر، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٥٧ی سەگرمە، ٢١ی کەرکوك، ٤٣ی ئاسۆس، ٤٤ی چەکوچ، ٦٣ی جوتیاران، ٦٨ی مامەندە، ٤١ی کوڕەکاژاو، ٧٤ی باڵەك، ١٢ی سۆران، ٧٨ی کاروخ، ٧٥ی کۆدۆ، ٩٩ی بیتوێن، ٩٣ی کۆسرەت، ٩٠ی باواجی، ٩٠ی کۆیە، ٨٣ی هەورێ، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٧٩ی شەهیدان، ٩١ی سەفین، ٦١ی کۆڕەش، ١٤ی ئاکۆ.

تیپەکان لە سەرەتادا بەمەکتەبی عەسکەرییەوە بەسترابونەوە. پاش پێکهێنانی چوار مەڵبەند لە تشرینی دووەمی ١٩٨٢، زۆربەی تیپەکان بە یەکێ لە چوار مەڵبەندەکە بەسترانەوەو کەمێکیان بە شێوەیەکی کاتی پەیوەندییان لەگەڵ مەکتەبی عەسکەری مایەوە. لە

ساڵی ١٩٨٣دا هەموو ئەو تیپانەی بە مەکتەبی عەسکەرییەوە بەسترابونەوە، خرانە سەر مەڵبەندەکان و هیچ تیپێك نەما سەر بە مەکتەبی عەسکەری بێ.

ژمارەی تیپەکان جێگیر نیە چونکە پاش ساڵی ١٩٨٢ تیپی دیکە لە تیپەکان پێك هێنراوەو هەندێ تیپیش هەڵوەشێندراونەتەوەو هەندێ تیپیش لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا لێك دراون. بەڵام بە شێوەیەکی تێکڕایی ژمارەی تیپەکان نزیکەی ٥٠ تیپ دەبێ.

بە پێوانەی هەڵسوڕان و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، سیستمی تیپەکان لە سیستمی هەرێمەکان کاراتر بووەو هێزی پێشمەرگە لە سایەی سیستمی تیپەکاندا توانیویەتی باشتر کاروباری خۆی بەڕێوە بەرێ‌و زۆرتر پەرە بە چالاکییەکانی خۆی بدا.

٢-پاش کارکردن بەسیستمی بەتالیۆنەکان لە ساڵی ١٩٨٩، تیپەکان بوونە بەشێکی بەتالیۆنەکان.

٣-بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگە کە لە ساڵی ١٩٩٧دا فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کاری پێ کردووە، تیپ یەکەیەکە لە کەرت گەورەترە و لە هێز بچوکترە، لەفەرماندەی تیپ‌و جێگرەکەی‌و سێ کەرت پێکدێ. بەم پێیە ژمارەی پێشمەرگەکانی تیپ کەوتۆتە نێوان ٣٦ تا ٥٤ پێشمەرگە.

**پاشکۆ**

## تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (١٩٨٢ ـ ١٩٨٩)

١- تیپی ١١ (١٥)ی هەورامان.*
٢- تیپی ١٥ی شارەزور.
٣- تیپی ٥٧ی سەگرمە.
٤- تیپی ٥٣ی شێروانە.
٥- تیپی ٥٥ی قەرەداغ.
٦- تیپی ٥١ی گەرمیان.
٧- تیپی ٢١ی کەرکوك.
٨- تیپی ٢٣ی سورداش.
٩- تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.
١٠- تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.
١١- تیپی ٤١ی کوڕەکاژاو.**
١٢- تیپی ٥٩ی حەمرین.
١٣- تیپی ١٧ی زمناکۆ.
١٤- تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.
١٥- تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.
١٦- تیپی ٩١ی سەفین.
١٧- تیپی ٩٩ی بیتوێن.
١٨- تیپی ٧٤ی باڵەك.
١٩- تیپی ٧٨ی کاروخ.
٢٠- تیپی ١٢ی سۆران.
٢١- تیپی ٧٣ (٨٣)ی قەندیل (هەڵەموند).***
٢٢- تیپی ١٩ی کۆڕەك.
٢٣- تیپی ٦٤ (٥٦)ی گەلاڵە.
٢٤- تیپی ٣١ی پێنجوێن.
٢٥- تیپی ٩٣ (٩٠)ی کۆیە.
٢٦- تیپی ٧٩ی سادر.
٢٧- تیپی ٨٣ی هەورێ.
٢٨- تیپی ٤٣ی ئاسۆس.
٢٩- تیپی ٦٣ی جوتیاران.
٣٠- تیپی ٦٨ی مامەندە.
٣١- تیپی ٧٧ی هەڵگورد.
٣٢- تیپی ٩٠ی باواجی.
٣٣- تیپی ٤٤ی چەکوچ.
٣٤- تیپی ٧٥ی کۆدۆ.
٣٥- تیپی ٤٩ی سارا.
٣٦- تیپی ٢٧ی کەڵکە سماق.

٣٧- تیپی ١٤ی ئاکۆ.
٣٨- تیپی ٢٧ی تۆکمە.
٣٩- تیپی ٦٥ی بلفەت.
٤٠- تیپی ٦١ی کۆڕەش.
٤١- تیپی ٣١ (٣٣)ی سلێمانی.
٤٢- تیپی ٨٨ی شەمامك.
٤٣- تیپی ٣١ی بەرزنجە.
٤٤- تیپی ٣٧ی شارباژێر.
٤٥- تیپی ٣٣ی سورێن.
٤٦- تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون.
٤٧- تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو.
٤٨- تیپی ٣٧ی خەنجەرە.
٤٩- تیپی ٩٣ (٩٥)ی کۆسرەت.
٥٠- تیپی ٧٩ی شەهیدان.
٥١- تیپی ٩٧ی بێتواتە.

* ژمارەی ناو کەوانەکە لە هەندێ قۆناغدا ژمارەی تیپەکە بووە.

** تیپی ٤١ی کوڕەکاژاو جیاوازە لە تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو. یەکەمیان ساڵی ١٩٨٢ دامەزراوەو سەر بە مەڵبەندی ٢ بووە، دووەمیان لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوە و سەر بە مەڵبەندی یەك بووە.

*** ناوی ناو کەوانەکە لە هەندێ قۆناغدا ناوی تیپەکە بووە.

- تێبینی: جگە لەم تیپانە، هەر مەڵبەندێک تیپی تایبەتی خۆی هەبوو کە پیی دەوترا تیپی مەڵبەند.

## تیپی تۆپخانە

تیمی پێشمەرگانەی راهێنراو لەسەر بەکارهێنانی هاوەن و موشەکی کاتیۆشاو ستریلا و گراد. سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ تیمە راهێنراوەکان بە شێوەی تیپ رێك خران و سێ تیپیان لێ پێك هات، هەر تیپێك لە سنوری یەکێ لە سێ مەڵبەندەکە کاری دەکرد. سەرەتا ناوی تیپی تایبەتیان لێ نرا دواتر کرانە تیپی تۆپخانە.

پێکهاتەیان جیاوازیی لە پێکهاتەی تیپەکانی تر نەبوو، بۆیە بەپێی پێویست مەفرەزەو کەرتیان هەبوو. بەڵام لە ڕوی ئەرکو لێپرسراوەتییەوە سێ جیاوازییان لەگەڵ تیپەکاندا هەبوو. یەکەم، لە ڕوی جۆری چەکەوە جیاواز بون چونکە چەکەکانیان لەهاوەن و موشەکی کاتیۆشاو ستریلا پێك هاتبوو، دواتر دۆشکاش خرایە سەر تیپی تۆپخانە. دووەم، ئەم تیپانە بەپێچەوانەی تیپەکانی ترەوە، راستەوخۆ سەر بەمەڵبەند بون و زۆربەی جار بارەگایان لەو شوێنە بوو کە بارەگای مەڵبەندی لێ بوو. سێیەم، ئەو تیپانە بەپێچەوانەی تیپەکانی ترەوە، چالاکیی سەربەخۆیان نەبوو، بەڵکو لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا بەپێی ئەو نەخشەیەی بۆیان دادەنرا، رۆڵی خۆیان دەبینی.

تیپی تۆپخانە رۆڵێکی گەورەی لە شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەدا گێڕاو هەموو ئەوانەی کە لەم تیپە کاریان کردووە، شارەزاییی تەواویان لە بەکارهێنانی تۆپدا هەبوو، بەشێکیان لە کاتی خزمەتی سەربازیدا لە ناو سوپای عیراق شارەزاییان پەیدا کردبوو، بەشێکیشیان لە ئێران و لە ناوخۆی وڵات خولی تایبەتیان بۆ راهێنان لەسەر بەکارهێنانی تۆپ و موشەك بینی بوو.

## تیپی مۆسیقای شەهید کارزان

تیپێکی مۆسیقایە بە هەوڵ و کۆششی ئاراس ئیبراهیم محەمەد لە ساڵی ١٩٨١ لەگوندی توژەڵە دامەزراوە. سەرەتا سەر بە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. لە ماوەی نێوان ١٩٨١- ١٩٨٣ چەند ئاهەنگێکی لە ناوزەنگ و زەڵێ ساز کرد، بەڵام دوای گواستنەوەی بارەگاکانی



یەکێتی لە توژەڵەو ناوزەنگ و زەڵێ، چالاکیی نەماو هەڵوەشایەوە.

ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ دروستبوونی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستاندا، تیپەکە بە هەوڵ و کۆششی کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان دامەزرایەوەو لە ساڵی ١٩٨٤ ئاهەنگی نەورۆزی لە سورداش ئەنجام دا. لە ماوەی نێوان ١٩٨٣- ١٩٨٦ سێ کاسێتی تۆمار کرد، بەڵام دواتر چالاکیی خۆی هەڵپەسارد تا لە هەلومەرجێکی باشتردا بکەوێتەوە کار.

ساڵی ١٩٩٠ تیپەکە بۆ دواجار کەوتەوە کارو لە شاری سەقز بەشداریی لەفیستیڤاڵی نەورۆزو هەڵەبجەدا کرد. لەم فیستیڤاڵەدا کە ١٠ رۆژی خایاندووە، تیپەکە بەرهەمی جیاوازی لە چاو ئەوانەی پێشوو پێشکەش کرد، بەتایبەتی کۆراڵی داستانی هەڵەبجە.

ساڵی ٢٠٠٦ بە هەوڵ و رەنجی کاروان رەئوف بەشێك لە بەرهەمەکانی تیپەکە خرایە سەر سیدی، بەڵام کۆکردنەوەی هەموو بەرهەمەکان و گواستنەوەیان بۆ سەر سیدی بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دواکەوت، کاتێك مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان بودجەی پرۆژەکەی دابین کرد. پاش ئەوەی کە نەوزاد حەمید لە رادیۆی خاك لە سلێمانی کەوتە پاککردنەوەو فلتەر لێدانی بەرهەمەکان، هەر ٤٣ بەرهەمی تیپەکە لە ئەلبومێکی قەشەنگی چوار کاسێتی کۆکرانەوە. نامیلکەیەکی بچوکیش لەگەڵ ئەلبومەکەدا هاوپێچ کرا کە ئارام عەلی دیزاینی کردووە، ئاراس ئیبراهیم محەمەد و هێدی محەمەد تایپیان کردووەو ئاراس ئیبراهیم و شوان کابان پێیدا چوونەتەوە.

لیستی ئەندامە کاراکانی تیپەکە لە ساڵانی ١٩٨١- ١٩٩٠:

مۆسیقاژەنەکان:

ئاراس ئیبراهیم محەمەد (١٩٨١- ١٩٩٠)

هۆشیار ئەحمەد (١٩٨١- ١٩٨٦)

شوان کابان (١٩٨١- ١٩٩٠)

رزگار ئیسماعیل (١٩٨١- ١٩٨٦)

سالار ئەحمەد (١٩٨١- ١٩٨٤)

دلێر ئیبراهیم (١٩٨٢- ١٩٩٠)

توانا سلێمان (١٩٨٣- ١٩٨٧)
ئاسۆ کاکەیی (١٩٨٣- ١٩٨٦)
بەرزان کەریم کابان (١٩٨٣- ١٩٨٦)
دڵشاد مستەفا (١٩٨٣- ١٩٩٠)
سۆران جەلال (١٩٨٦- ١٩٩٠)

ئەو ئەندامانەی بۆ ماوەیەك لە تیپەکە بوون:
هیوا زەندی (١٩٨١- ١٩٨٢)
مەجید خۆشناو (١٩٨١- ١٩٨٣)
بەختیار ئەحمەد (١٩٨١- ١٩٨٢)
خالید رەزا ساڵح (١٩٨١- ١٩٨٢)
ئەحمەد کەرکوکی (١٩٨١- ١٩٨٢)
مستەفا کەمال (١٩٨١- ١٩٨٢)
کامەران مەجید (١٩٨١- ١٩٨٢)
کۆرسی هەمیشەیی:
فەرهاد رەسول (١٩٨٣- ١٩٨٦)
قوباد رەسول (١٩٨٣- ١٩٨٦)
ئازاد رەفیق چالاك (١٩٨٣- ١٩٨٦)
بەختیار عومەر (١٩٨٣- ١٩٩٠)
کاوە محەمەد (١٩٨٣- ١٩٨٦)
گۆرانیبێژەکان:
ئازاد خانەقینی (١٩٨١- ١٩٨٦)
حەمە جەزا عەلی (١٩٨١- ١٩٩٠)
سەلام ئەحمەد فارس (١٩٨١- ١٩٩٠)
عەبدولقادر حەسەن (١٩٨١- ١٩٨٤)
عەبدولسەلام حەمید عەلی (١٩٨٦- ١٩٩٠)
جەلال عەزیز رەسول (١٩٨٦- ١٩٩٠)
عەتا حاجی عەلی (١٩٨٥- ١٩٩٠)

بەرهەمەکانی تیپەکە بەپێی ساڵەکان بەمجۆرەن:
ساڵی ١٩٨٣: ٨ بەرهەم.
ساڵی ١٩٨٥: ١٨ بەرهەم.
ساڵی ١٩٨٦: ١١ بەرهەم.
ساڵی ١٩٩٠: ٦ بەرهەم.


## پاشکۆ:

ناوی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان پەیوەندیی بە کارەساتێکی دڵتەزێنی سەر ڕێگای نێوان هەولێر- سلێمانییەوە هەر کە تێیدا چوار منداڵی بەهرەمەند بە ناوی کارزان، فەرمان، ئازادو ڕێبوار کە ئەندامی تیپی مۆسیقای منداڵانی سلێمانی بون، گیانیان لەدەستدا.

لە ١٧ی نیسانی ١٩٧٨ دا دەیان منداڵی بەهرەمەند بۆ بەشداری کردن لە فیستیڤالی ساڵانەی چالاکیی خوێندنگەکان، لەگەڵ مامۆستاکانیان بە چەند پاسێك بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتن. پێش نیوەڕۆ، لە نزیك ئاڵتون کۆپری (پردێ) ئوتومبیلێکی بارهەڵگر خۆی بە پاسێکدا کێشاو لە ئەنجامدا چوار خوێندکاری خوێندنگەی سەرەتایی شێخ مەحمود بە ناوی کارزان عومەر ساڵح (١٣ ساڵ)، فەرمان عومەر ساڵح (١١ساڵ)، ئازاد عومەر قادر (١١ ساڵ) و ڕێبوار محەمەد عیسا (١١ ساڵ) گیانیان لەدەستدا. لەسەر ئاستی شەقام، ڕوداوەکە بە گوماناوی سەیر دەکرێ بەڵام تا ئێستا فاکتەکان پشتیوانییان لەم تێڕوانینە نەکردووە. کارەساتە دڵتەزێنەکە لە سەرتاسەری عیراق دەنگی دایەوەو شاندی هونەری لە هەموو شارەکانی عیراق بەشدارییان لە پرسەی چوار منداڵەکەدا کرد.

منداڵە جوانەمەرگەکان چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی گەشیان لە بواری هونەردا لێ دەکرا. بۆ بە زیندویی هێشتنەوەی یادیان، تیپەکەی مۆسیقای سەردەمی پێشمەرگایەتی بە تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ناو نرا.

## تێگەیشتنی راستی (گۆڤار)




وەرزنامەیەکە لقی ئەوروپای سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەری کردووە. دوانزە ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەمی لە زستانی ٢٠٠٥ دەرچووە و ژمارە ١٢ لە هاوینی ٢٠٠٩. بە دوو چاپ دەرچووە، یەکێکیان لە ئەڵمانیاو ئەوی تر لە سلێمانی. لە سەروتاری ژمارە ١دا بەمجۆرە پێناسەی گۆڤارەکە کراوە «گۆڤاری تێگەیشتنی راستی بایەخ بە بابەتی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دەدات، هەروەها وەرگێڕانی بابەتە ستراتیجییە گرنگەکان و پێناساندن و پوخت کردنەوەی کتێب و دواندن و چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزایانی بیانی».

سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە مستەفا ئیبراهیم دەروێشەو سەرنوسەرەکەی حەمە زیاد مەولودە. یەکەم دەستەی نوسەرانی لە سەردار عەبدولکەریم، حەسەن یاسین، فەیسەڵ عەلی و رێکەوت ئیسماعیل پێکهاتووە. لە ژمارە ٢ دا عەبدولموئمین دەشتیی بۆ دەستەی نوسەران زیاد کراوە. بەڵام لە ژمارە ٤ بەدواوە حەسەن یاسین و فەیسەڵ عەلی خورشید لە دەستەی نوسەران نەماون.

لەدوا ژمارەش کە ژمارە دوانزەیە دەستەی نوسەران تەنها لە سەردار عەبدولکەریم و رێکەوت ئیسماعیل پێك هاتووە.

ژمارە ١و ٢ زۆرتر بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە تەرخان کرابوون و لەم رووەوە لە دوتوێی هەردووکیاندا چەردەیەك لێکۆڵینەوە دەربارەی فیدرالیزم لە بەلژیك، رۆڵ و ئابووریی نێدەرلاند، رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، تەنگژەی ئەمریکا لەعیراق، سیستمی کارگێڕی، تەکنەلۆژیای ئەتۆم لە ئێران، خۆپیشاندان لەئەوروپا، نەوتی کەرکوك و مافی کەمینەکان بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لە ژمارە ٣ بەدواوە ژمارەکە کراوە بەگۆڤاری وەرگێڕان و لەم بوارەدا زۆرتر بایەخی بەوەرگێڕانی بابەتەکانی تایبەت بە سیاسەتی نێودەوڵەتان داوە.

سەرەڕای ئەوەی کە گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی وەرزی خۆی ناساندووە، بەڵام لەبەر گرفتی دارایی و تەکنیکی نەیتوانیوە وەرزانە دەرچێ، بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٥دا یەك ژمارەی لێ دەرچووە، لە ساڵی ٢٠٠٦دا سێ ژمارە، لە ساڵی ٢٠٠٧دا سێ ژمارە، لە ساڵی ٢٠٠٨دا سێ ژمارەو لە ساڵی ٢٠٠٩دا دوو ژمارە.

## تیمار (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

پێکدادانێکە لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق کە رۆژی ٦ی نیسانی ١٩٧٨ لە نزیك گوندی تیمار لە ناوچەی قەرەداغ بۆسەی بۆ نرابوو. لە ئەنجامی ئەم بۆسەیەدا ١٥ سەرباز کوژران و بریندار بوون.

## تیمار (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان دوو مەفرەزەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و چەند سەربازێکی سوپای عیراق لەگوندی تیمار لە ناوچەی قەرەداغ لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨. لە ئاکامدا ١٢ سەرباز کوژراون.

## تیمار (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەك لەپێشمەرگەکانی کەرتی بازیانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و هێزێکی گەورەی سوپای عیراقدا لەگوندی تیمار لە ناوچەی قەرەداغ لە ٢٦ی مارتی ١٩٧٩. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکان بۆسەیان بۆ هێزەکەی سوپای عیراق دانابوو، هەر کە هێزەکە کەوتە ناو بۆسەکەوە، دایانە بەر ئاگری چەکەکانیان.

لە ئاکامی ئەم شەڕەدا ٥٠ سەرباز کوژران و ٣٠ سەربازی دیکەش بریندار بوون. لێپرسراوی هێزەکەش کە ئەفسەرێك بوو بە پلەی نەقیب کوژرا.

## تیمار (شەڕ)

شەڕێکە لەگوندی تیماری ناوچەی سورداش لە ٢٧ی ئازاری ساڵی ١٩٨٣ لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ٢٣ی سورداش و هێزەکانی سوپای عیراق کە هێرشیان هێنابووە سەر گوندەکەو گەمارۆی هێزی پێشمەرگەیان دابوو. پێش ئەم شەڕە بەدوو سەعات، پێشمەرگە لەسەر ڕێگای گشتیی سلێمانی- دوکان، لە نێوان گوندی کۆتەڵو کانیخان، لە کاروانێکی سوپایان دابوو و دەستیان بەسەر دوو ڕەبیەدا گرتبوو. پاش ئەنجامدانی چالاکییەکە، ئەو سێ مەفرەزەیەی کەچالاکییەکەیان ئەنجام دابوو، کشانەوە بۆ گوندی تیمار، بەڵام زۆری نەبرد، هێزێکی گەورەی سوپای عیراق گەمارۆی گوندەکەی داو دەستی بەهێرش کرد بۆ سەر پێشمەرگە.


تا سەعات ١٦ هێزەکانی عیراق هەر هێرشیان دەکرد. لە سەعات ١٦ بەدواوە هێزی پێشمەرگە دەستی بە هێرش کردن کردو لە ماوەی کەمتر لەسەعاتێك هێزەکانی عیراقی تا نزیك ڕێگای گشتیی سلێمانی- دوکان ڕاو نا.

لە بۆسەکەی سەر ڕێگای گشتیی سلێمانی- دوکانو گرتنی دوو ڕەبیەکەدا، هێزەکان سوپا ٤٠ سەربازیان لێ کوژراو دوو ئیڤایان گڕی تێ بەربوو، دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە ٩ پارچە چەك بوو. لە شەڕەکەی گوندی تیماریش، هێزەکانی سوپا زیانی ماددیو گیانیی گەورەیان لێ کەوت. هێزی پێشمەرگە ٣ پارچە چەك دەستکەوتی بوو. بریندارێك و چوار شەهیدی هەبوو کە ئەمانەن: کامل مستەفا، محەمەد عەلی چالاغی، سەلاح نوری شیلەخانی ناسراو بە کۆسرەت و فەرهاد مستەفا کەرکوکی. لە دانیشتوانی گوندەکەش هەشت کەس لە یەك خێزان شەهید بون.

هەر ئەو شەوە تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکان برایە گوندی قەمچوغە، لەوێ تەرمی سێ شەهیدی یەکەم ڕادەستی کەسوکاریان کراو تەرمی فەرهاد مستەفا کەرکوکی لەوێ نێژرا.

ناوی ئەنجامدەرانی هەردوو چالاکی (جگە لە شەهیدەکان): هەڵۆ چەمچەماڵی جێگری فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش، ئەحمەد مەولود لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ، قادر مەنمی ڕابەری سیاسیی تیپ، محەمەد بازیانی فەرماندەی کەرت، مەلا خالید فەرماندەی کەرت، سامان چەمچەماڵی جێگری فەرماندەی کەرت، بەکر خوردەلوکی جێگری فەرماندەی کەرت، فایق گەورە دێیی فەرماندەی مەفرەزە، عەبدوڵڵا باوەمەندانی، ئەنوەر مستەفا بەگ، ئەکرەم مستەفا بەگ، هیوا عەبدوڵڵا، بەکر سەرچناری، ئیبراهیم بازیانی، کاوە ڕەحیم سەرچناری، هادی قەرەچەتانی، سەلاح ڕەحمە.

## جوامێر سایەمیر*



پـێـشـمـەرگـەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و لێپرسراوی ڕێکخراوی هەڵۆی سور. نـاوی تـەواوی جوامێر سایەمیر فەتحوڵلا.

لـەدایـکـبـوی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی کەپرات لە قەزای مەندەلی. خوێندنی سەرەتایی لەو گوندە تەواو کردووەو پاشان بۆ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی چۆتە شاری مەندەلی و لەوێ هەردوو قۆناغی خوێندنی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٨ بە وێستگەیەکی گرنگی ژیانی دادەنرێ چونکە لەو ساڵەدا خوێندنی ئامادەیی تەواو کردوەو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە. لەو ماوەیەشدا تیپێکیی فوتبۆڵی دروست کردوەو بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی لە قەزای مەندەلی بەکاری هێناوە.

پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠و دانانی حکومەتی عیراق بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کاندید کرا بۆ خوێندن لە کۆلیجی سەربازی. ساڵی ١٩٧٢ خوێندنی تەواو کردو وەك ئەفسەر لە سوپای عیراق خزمەتی کرد. بەڵام زۆر لە ناو سوپا نەمایەوە، چونکە لە ساڵی ١٩٧٣دا حکومەتی بەعس شاڵاوی تەنگەتاوکردنی ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای عیراقی دەست پێ کرد و کەوتە دەرەتان لێ بڕین‌و تەنگ پێ هەڵچنین. بۆیە، سایەمیر ریزی سوپای بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لە ساڵی ١٩٧٤دا پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لە بەتالیۆنی ٨ی بەمۆ خزمەتی کرد و لە دەڤەری گەرمیان کرایە بەرپرسی تۆپخانەو لەم سەروبەندەدا ڕۆڵێکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا بینی.

لە سەروبەندی هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەشدار بوو لە شاردنەوەی چەکی سوك لە چیاکانی بەمۆو زمناکۆ. ئەم هەنگاوە ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ کە ئەگەرچی تاڵاوی بە دەست هەرەس هێنانی شۆڕشەوە چەشتووە، بەڵام چۆکی دانەداوەو هەر ئەو ئومێدەی هەبوە کە لە ساڵانی دادێ، دەرفەتێك بۆ سود وەرگرتن لە چەکە شاردراوەکان برەخسێ. پاش گەڕانەوەی بۆ بەغدا، ڕێی پێ نەدرا بگەڕێتەوە بۆ سوپا، بەڵکو کرایە فەرمانبەر لە کۆمپانیای وایەرو کێبڵ لە شەقامی ڕەشید. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ئامادەیی خۆی بۆ بەشداریکردن لە تێهەڵچونەوەی خەباتی چەکداردا دەربڕی. لە ساڵی ١٩٧٦دا ئومێدەکەی ساڵی ١٩٧٥ی هاتە دی، سود لە چەکە هەڵگیراوەکان وەرگیراو لە پرۆسەی جاڕدانی شۆڕشدا پەیوەندیی بە

مەفرەزە سەرەتاییەکانی ناوچەی قەرەداغەوە کرد.

هەر ئەو ساڵە، پاش دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ دەستەیەك گەنجی شۆڕشگێڕ لە بەغدا کە ڕێکخراوێکیان بە ناوی خوێنی شەهیدانەوە پێك هێنابوو و بیرو بۆچونیان لە دەورو خولی کارکردن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیونی شۆڕشگێڕانە لە ناو بەغدا دەسوڕایەوە، بڕیار درا ڕێکخراوەکە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەربگیرێ. دواتر، مەسەلەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە شەڕ بۆ ناوماڵی دوژمن بگوێزرێتەوەو کردەوەی شۆڕشگێڕانە لە ناو بەغدا لە دژی کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس ئەنجام بدرێ. لەم سەروبەندەدا بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوێك بە ناوی ڕێکخراوی هەڵۆی سور هاتە ئاراوە. لە ڕاستیدا شتێکی زۆر ئاسایی بوو فەرماندەیی ڕێکخراوەکە بە سایەمیر بسپێردرێ، چونکە سایەمیر هەموو مەرجەکانی تێدا بوو: لە بەغدا ژیا بوو، عەرەبییەکی باشی دەزانی و دەشیتوانی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا چونکە لە لای دەزگا ئەمنییەکان نەناسرا بوو، سەرباری ئەوەی کە یەکە یەکەی ئەندامەکانی ڕێکخراوی خوێنی شەهیدانی دەناسی. ڕێکخراوێکی وەك هەڵۆی سور، کە لە ناو جەرگەی دوژمن هەڵدەسوڕا، پێویستی بە هەڵسوڕاوێك بوو بەپێی دیسپلینە توندوتۆڵە سەربازییەکان بەڕێوەی ببا.

لە حوزەیرانی ١٩٧٧دا ڕێکخراوەکە یەکەم چالاکیی شۆڕشگێڕانەی لە مەیدانی خللانی لە بەغدا ئەنجام داو عوسمانی محەمەد فایەقی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی لە ناو برد. ڕێکخراوەکە پلانی بۆ چالاکیی گەورەتر دانابوو کە ئەگەر بە سەرکەوتویی ئەنجامی بدایە، زۆر شت دەگۆڕا، بەڵام لە ئابی هەمان ساڵدا دەزگا ئەمنییەکان سایەمیر و ئەندامەکانی دیکەی ڕێکخراوەکەیان دەستگیر کرد.

لە کانونی دووەمی ١٩٧٨دا سایەمیرو بەشێکی ئەندامە دەستگیرکراوەکانی تر توانییان لە گرتوخانەی ئاسایشی گشتی لە بەغدا رابکەن، بەڵام بەختیان یار نەبوو و زۆربەیان لە دەوروبەری گرتوخانەکە دەستگیر کرانەوە. رووداوی راکردنەکە یەکەم رووداوی ڕاکردنە لە مێژووی گرتوخانەی ئاسایشی گشتی کە تێیدا راکردووەکان توانیویانە لە بیناکە دەرچن و بگەنە سەر شەقامی گشتی.

دادگا فەرمانی لە ناوبردنی بۆ سایەمیر و شەش هاوڕێی دەرکرد. لە ١٠ی نیسانی ١٩٧٨ لەگەڵ هەر یەك لە سەلام عەبدولڕەزاق ئەکبەر، سەلمان داود حسێن مەندەلاوی‌و شێرۆ عەبدولقادر لە بەندیخانەی ئەبو غرێب لەسێدارە درا.

سایەمیر لە سۆنگەی دلاوەری و ئازایەتییەوە، لە ویژدانی شۆڕشگێڕانی کورددا هەمیشە بە زیندوویی ماوەتەوە. ساڵی ١٩٩٢، بۆ بەرز راگرتنی ناوبانگ و یادی، خولی یەکەمی دەرچواندنی ئەفسەرانی کۆلێجی عەسکەریی قەڵاچوالان، بە ناوی جوامێر سایەمیرەوە ناونرا.

## جۆبلاغ (شەڕ)

شەڕێکی شەش سەعاتییە لە نێوان مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٤و هێزێکی هاوبەشی جاش و سەربازی سوپای عیراق لەگوندی جۆبلاغ لە ناوچەی دوکان لە ٣ی شوباتی ١٩٧٩. شەڕەکە بەوە دەستی پێکرد کە شەو پێشمەرگەکان چوونە ناو شارۆچکەی دوکان و هێرشیان کردە سەر ئەو ئوتێلە گەشتیارییەی کە ئەفسەرو سەربازانی سوپای عیراق لێی دەخەوتن. هێرشەکە کوژرانی یەك ئەفسەرو ٤ سەربازی لێ کەوتەوە. هێزی پێشمەرگە بەبێ زیان

کشایەوە. بەڵام هەر دوا بەدوای هێرشەکە، سوپا هێزێکی هاوبەشی سەرباز و جاشی کۆکردەوەو کەوتە راونانی پێشمەرگەکان و توانی لەگوندی جۆبڵاغ گەمارۆی پێشمەرگەکان بدات. پێشمەرگەکان پاش بەرگرییەکی سەخت، ئابڵوقەکەیان شکاند و دەربازیان بوو.

## جوتیاران (هەرێم)

هەرێمی ١٠ی جوتیاران. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢، چەند مانگێك پێش پێکهێنانی تیپەکان، پێك هێنراوە. بۆیە هەموو تەمەنی هەرێمەکە چەند مانگێکە. پێکهێنانی هەرێمەکە پەیوەندیی بە روداوێکی گەورەوە هەیە، ئەویش گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەو کادیرەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانە بۆ ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ دا دەوروبەری ٣٠٠ پێشمەرگەو کادیری حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرکردایەتیی محەمەد وەتمان، عەلی وەسمان، مەحمود رازانی و مەولود هێرۆیی دەستیان بە وتووێژ کرد بۆ گەڕانەوە بۆ ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. وتووێژەکە سەری گرت و ئەو پێشمەرگەو کادیرانە وازیان لەحزبی سۆسیالیست هێناو پەیوەندییان بە یەکێتیی نیشتمانییەوە کرد.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ دا بەپێی ئەو رێککەوتنەی کە لە نێوان هەردوولادا لە ئارادا بوو، یەکەیەك بە ناوی هەرێمی ١٠ی جوتیاران لە پێنج کەرت پێك هێنرا. بەکارهێنانی وشەی «جوتیاران» بۆ هەرێمەکە، لەسەر داوای کادیرەکانی هەرێمەکە بوو کە هەموویان جوتیار بون، شانازییان بە جوتیاربونی خۆیانەوە دەکرد، ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی چینایەتییان هەبوو و پێیان وابوو بەشدارییان لە خەباتی نیشتمانیدا رێگر نیە لە بەردەم خەباتی چینایەتی لە دژی ئاغاو دەرەبەگ و زەویدارە گەورەکان.

فەرماندەکانی پێنج کەرتەکە ئەمانەن: عەبدە ساڵح، سەعید مەلا عەبدوڵڵا، ساڵح مەلا دەرگەڵەیی، مەولود هێرۆیی و محەمەد رازانی. هیچ فەرماندەیەك بۆ هەرێمەکە دیاری نەکرا، بەڵکو لیژنەیەکی پێنج قۆڵی لە فەرماندەکانی هەر پێنج کەرتەکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکە پێك هێنرا.

لەو کاتەدا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرقاڵی تاوتوێ کردنی پرۆژەیەك بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێم و قوەتەکان و کارکردن بە سیستمی یەکەی بچوکتر. بۆیە مەسەلەی دانانی فەرماندەیەك بۆ هەرێمەکە زۆر بە هەند وەرنەگیراو هیچ قەڵەمڕەوێکیش بۆ بەڕێوەچونی چالاکییەکانی هەرێمەکە دیاری نەکرا.

هەر ئەو ساڵە، پاش تاوتوێ کردنی پرۆژەکە لە هەموو رویەکەوە، هەرێم و قوەتەکان هەڵوەشێنرانەوەو تیپەکان پێك هێنران. لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی ١٠ی جوتیاران هەڵوەشێنرایەوەو یەکەیەکی تازە بە ناوی تیپی ٦٣ی جوتیاران بە فەرماندەیی یەکێ لە پێنج فەرماندەکەی کەرتەکانی هەرێمەکە کە ئەویش محەمەد رازانییە، پێك هێنرا.

## جوتیاران (تیپ)

تیپی ٦٣ی جوتیاران. تیپێکی هێزی پێشمەرگەیە، لە ساڵی ١٩٨٢دا پێك هێنراوە. سنوری چالاکیی تێکەڵ بەسنوری چالاکیی چەند تیپێکی تر بووە، بۆیە سنورێکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان نەکراوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی سنورەکەی ناوچەی پشدەرو بەری مەرگەی گرتۆتەوەو هەندێ جار تا سەنگەسەرو رانیەو چوارقوڕنە درێژ بۆتەوە.

هەڵبژاردنی ناوی «جوتیاران» بۆ تیپەکە لەوەوە هاتووە کەهەموو پێشمەرگەکانی تیپەکە بە لێپرسراوەکانەوە جوتیار بونو هەڵوێستێکی توندوتۆڵیان بەرامبەر بە ئاغاکان و سیستمی دەرەبەگایەتی هەبوە، سەرباری ئەوەی کە هەست و هۆشیاریی نیشتمانییان لە ئاستێکی بەرزدا بووە.

زۆربەی لێپرسراوانی تیپەکە لە سەرەتای پێکهێنانی تیپەکەدا، پێشتر ئەندامی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بونو وازیان لێ هێنا بوو. لە ساڵی ١٩٨٢دا بڕیار درا تیپێکیان بە ناوی تیپی ٦٣ی جوتیارانەوە لێ پێك بهێنرێ. بەم پێیە، محەمەد رازانی بووە فەرماندەی تیپەکەو مەولود هێرۆیی بووە جێگری فەرماندەی تیپ. چوار کەرت بۆ تیپەکە پێك هێنرا کە فەرماندەکانیان ئەمانەن: عەبدوڵلا هەمزە، عەبدوڵلا وسو عەبدوڵلا، مەحمود رازانیو محەمەد جوتیار ناسراو بە مام جوتیار. دواتر تیپەکە سێ کەرتی تری بۆ زیاد کراو هەر یەك لە ئەحمەد هێرۆیی، ئەحمەد حەسەنو عەبدوڵلا مەحمود بونە فەرماندەی هەر یەکێ لە سێ کەرتەکە.

تا ساڵی ١٩٨٣ بارەگای تیپەکە لەگوندی باوزێی ناوچەی پشدەر بوو. پاش شەڕی گردە بێناس کە لە ماوەی نێوان ٢١-٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨٣دا لە نێوان تیپەکەو هێزەکانی عیراقدا رویدا، تیپەکە بارەگای خۆی لە باوزێوە بۆ بەری مەرگەی بناری چیای ئاسۆس گواستەوە. شەڕی گردە بێناس یەکێ لەگەورەترین ئەو شەڕانەیە کەتیپەکە ئەنجامی داوەو تێیدا هێزە پەلاماردەرەکانی عیراق لە ماوەی چوار رۆژدا زیاتر لە ٣٠٠ کوژراویان هەبوەو شەڕەکە دوو هەلیکۆپتەری تێدا پێکراوە.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤دا عەبدوڵلا مام عەلی کرایە فەرماندەی تیپەکە و لە ساڵی ١٩٨٦دا کاروباری پەیوەندییەکانی لە ئێران پێ سپێردرا. لەم سەروبەندەدا محەمەد رازانی بۆ جاری دووەم کرایە فەرماندەی تیپەکە.

لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٨دا کە تێیدا هێزەکانی عیراق لە چوارچێوەی شالاوی یەکەمی ئەنفالدا هەموو هەوڵی خۆیان بۆ گرتنی بارەگاکانی دۆڵی جافایەتیی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خستبوە گەڕ، تیپی ٦٣ی جوتیاران رۆڵێکی کارای لە بەرپەرچدانەوەکانی هێرشی هێزەکانی عیراقدا گێڕا، بەتایبەتی لە٢٦ی شوباتدا لە بەرەی گەورە قەڵاو کۆچەروتانو بێدەلان، لە٢٧ی شوباتدا لەبەرەی سەرچیا، لە٢٨ی شوباتدا لە بەرەی چیای ئاسۆسو لە٢٩ی شوباتدا لە بەرەی گوندی شەدەڵەی ناوچەی سورداش. لەم شەڕانەدا محەمەد رازانی، فەرماندەی تیپەکە، شەهید کرا.

دووەم فەرماندەی تیپەکە محەمەد جوتیار ناسراو بە مام جوتیارە کە دەمو دەست پاش شەهیدبونی محەمەد رازانی، لێپرسراوەتیی تیپەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

ئەم تیپە یەکێ لەتیپە چالاکەکان بووەو بەهۆی زۆریی ژمارەی پێشمەرگەکانییەوە، لە قۆناغی جیاجیادا، تیپی تری لێ دروست کراوە لەوانە تیپی ٦٥ی بلفەت لە ساڵی ١٩٨٧و تیپی ٧٩ی سادر لە ساڵی ١٩٨٨.

## جود (بەرەی سیاسی)

بەرەیەکی سیاسییە ساڵی ١٩٨٠ لە نێوان پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان هاتۆتە ئاراوە. ناوەکەی لە پیتە بەراییەکانی وشە عەرەبییەکانی بەرەی نیشتمانیی دیموکرات پێك هێنراوە.

راگەیاندنی کتوپڕو ناپێشبینیکراوی جود کەشی سیاسیی شڵەژاند، ریزی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لەت کردو

دڕدۆنگی و بەدگومانی و کێشەی نایەوە، بەتایبەتی کە دوو لایەنی دامەزرێنەری جود، هەر یەك لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، دوو هەفتە لەمەوبەر لەگەڵ شەش لایەنی دیکە بەشدار بون لە پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانتر بە ناوی بەرەی نیشتمانیی نەتەوایەتیی دیموکرات (جەوقەد).

بەرنامەی جەودقەد ماددەیەکی وای تێدا نەبوو رێ بە ئەندامەکانی بدا ببن بە ئەندام لە بەرەی سیاسیی دیکە. لە مێژوی کاری بەرەییشدا، بون بە ئەندام لە دوو بەرەی سیاسی هیچ پێشینەیەکی نەبووە.

پاش راگەیاندنی بەرەی جەوقەد لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠، نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر یەك لە مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵلا، دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە و دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس و نوێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەر یەك لە ئەحمەد بانیخێلانی و فاتیح رەسول و نوێنەرانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان هەر یەك لە رەسول مامەندو تاهیر عەلی والی، لە ئێران لە گوندی کەوپەڕ کە گوندێکی مەنگوڕانەو کەوتۆتە سەر رێگای سەردەشت-خانە، لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ کۆ بونەوەو پێکهێنانی بەرەی جودیان راگەیاند.

پێکهێنانی جود کاردانەوەی توندی لێ کەوتەوە، چونکە پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەو پێیەی که ئەندامی جەوقەد بون، بۆیان نەبوو بە بێ رەزامەندیی جەوقەد هاوپەیمانیی بەرەیی لەگەڵ هیچ لایەنێکی دیکە پێك بهێنن.

پێشینەی پێکهێنانی جود بۆ ئەو رۆژگارە دەگەڕێتەوە کە لایەنە سیاسییەکان تێیدا سەرگەرمی تاوتوێ کردنی پێکهێنانی بەرەی جەوقەد بون. لە رەوتی هەوڵەکاندا پارتی کۆمۆنیستی عیراق زۆر کاری بۆ ئەوە کرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو بەرەیە وەربگیرێ کە کار بۆ دامەزراندنی دەکرا.

بەڵام ئەمەی بۆ نەچووە سەر چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنی تری دامەزرێنەری بەرەکە ڤیتۆیان لە دژی وەرگرتنی پارتی دیموکرات بەکار هێنا. بۆیە بەرەی جەوقەد بە بێ بەشداریی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا.

لە قۆناغی بەراییدا پارتی کۆمۆنیست لە گوتاری سیاسیی خۆیدا وای دەربڕی کە پێکهێنانی جود هەنگاوێکی تاکتیکییە، مەبەست لێی بردنی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ ناو جەوقەد. واشی نیشاندا کە هەر ئەوەندە ئەم ئامانجە بێتە دی، پێویست بە مانەوەی جود ناکاو یەکسەر هەڵدەوەشێنرێتەوە. لە نامەیەکدا کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هەر یەك لە کەریم ئەحمەد و عەبدولڕەزاق سافی بۆ سەرکردایەتیی جەوقەدیان نوسیوە، پارتی کۆمۆنیست وای نیشانداوە کە «بە هەڵە لێ تێگەیشتنێك» لە مەسەلەکەدا هەیە، گوایە ئەوەی کە راگەیەندراوە «بەرە» نیە بەڵکو «پرۆتۆکۆڵێکی هاوکارییە». لەم سەروبەندەدا پارتی کۆمۆنیست داوای یەك مانگ مۆڵەتی کردو بەڵێنی دا کە لەو ماوەیەدا کار بۆ رەواندنەوەی بە هەڵە لێ تێگەیشتنەکە دەکات.

لە ماوەی مۆڵەتی مانگەکەدا کە بە پارتی کۆمۆنیست درا بوو، جەوقەد هیچ نەرمییەکی بەرامبەر بە وەرگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان نیشان نەدا، پارتی کۆمۆنیستیش بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندییە بەرەییەکەی لەگەڵ پارتی دیموکرات و حزبی سۆسیالیستی کوردستان. نەگەیشتن بە سازان، جەوقەدی هاندا ئەندامەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان هەڵپەسێرێ.

لە شوباتی ١٩٨٣ دا نوێنەرانی ١٩ گروپی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لەوانە هەر سێ لایەنە دامەزرێنەرەکەی جودو شەش ئەندامی جەوقەد کە یەکێکیان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لە تەرابلوسی پایتەختی لیبیا کۆ بونەوەو دانوستانێکی

چڕیان بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی دەست پێ کرد. لە ٦ی شوباتدا ڕێککەوتنێکی چوار خاڵییان ڕاگەیاند. لە خاڵی یەکەمی ڕێککەوتنەکەدا بڕیارياندا هەردوو بەرەی جەوقەدو جود هەڵبوەشێننەوەو لە هەردوکیان بەرەیەکی فراوانتر پێك بهێنرێ. لە خاڵی سێیەمیش میکانیزمێك بۆ یەکخستنەوەی هەردوو بەرە دیاری کراو بڕیار درا لە ماوەی مانگێکدا بەرەی فراوان ڕابگەیەندرێ.

لە ٢٠ی شوباتدا نوێنەرانی جود و جەوقەد دەستیان بە کۆبونەوەکانیان کرد و لە کۆتاییدا ڕێککەوتنی تەواو لەسەر پڕۆژەی بەرنامەی بەرەی یەکگرتوو کرا، بەڵام تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە هەندێ لە ماددەکانی پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ هەبوو. لەم سۆنگەیەوە بڕیار درا چارەنوسی ماددە جێناکۆکەکان بۆ کۆبونەوەی گشتیی ١٩ لایەنەکە بهێڵدرێتەوە. بەڵام پارتی کۆمۆنیست کتوپڕ لە تەواوی پرۆسەکە کشایەوەو بایکۆتی کۆبونەوەی هەڵوەشاندنەوەی هەردوو بەرەی کرد. فاتیح ڕەسول ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە بەرگی سێیەمی کتێبەکەیدا «چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی خەباتی گەلی کورد: ڕوداوو بەڵگەنامە ١٩٨٢-١٩٩٠» ڕەخنە لە سیاسەتی حزبەکەی دەگرێ و پێی وایە پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە تەرابلوس هەڵوێستی «چەوت»ی نواندووەو بە پاشگەزبونەوەی لە ڕێککەوتننامەی تەرابلوس بۆتە مایەی گەیاندنی «زیانی زۆروزەبەند بە کاروانی بزاڤی دیموکراتی و بەرهەڵستکاری عیراقی و کوردستانی» کە بە هۆیەوە «بێ بڕوایی و گومان لە یەکتر کردن زیادی کرد».

پەشیمانبونەوەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە هەڵوەشاندنەوەی جود، کاریگەریی زۆر خراپی کردە سەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە هەمان کاتدا پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ڕێککەوتننامەکەی تەرابلوس پاشگەز بۆوە. ئەمەش بۆچونێکی وای دروست کرد کە هەردولا لەسەر هەڵنەوەشاندنەوەی بەرەی جود ڕێك کەوتون.

هەرچەند پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر پێویستیی مانەوەی جود و هەڵنەوەشاندنەوەی و تێکهەڵکێش نەکردنی لەگەڵ هیچ بەرەیەکی دیکە هاوڕا بون، بەڵام پاساوو هاندەری هەر یەکێکیان بۆ هێشتنەوەی قەوارەی جود جیاواز بوو لە پاساوو هاندەری لایەنەکەی تر. پارتی کۆمۆنیستی عیراق ڕۆڵێکی سەرەکیی لە جوددا هەبوو، دەشیزانی ناتوانێ لە ناو هەر بەرەیەکی دیکەدا ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبێ، بەتایبەتی کە هەر یەك لە سوریاو لیبیا پشتیوانییان لە هەندێ گروپی دیاریکراو دەکرد، لەکاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان فشاری ئێرانی لەسەر بوو کە نەیدەویست گروپە بەرهەڵستکارەکانی عیراق لە ژێر چەتری یەك بەرەی سەرتاسەریدا کۆ ببنەوە. ئێران ئەجێندای تایبەتی خۆی هەبوو، پشتگیریی گروپە ئیسلامییەکانی دەکرد، دەیویست پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس بژاردەیەکی ئیسلامگەرا بۆ عیراق جێبەجێ بکا و دژی ئەوە بوو بەرەیەکی یەکگرتوو دەسەڵاتی سیاسی لە عیراق بگرێتە دەست. هەرچەند هەر یەك لە سوریاو لیبیا بە درێژایی ساڵانی جەنگی عیراق- ئێران پشتگیرییان لە ئێران کردووە، بەڵام ئێران ئارەزوی لە بەرەیەك نەبوو کە سوریاو لیبیا ئامرازی ئاراستەو ڕێنمایی کردنیان تێیدا هەبێ. پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەموو بارەگا سەرەکییەکانی سەرکردایەتییەکەی و بەشێکی زۆری هێزەکانی لە ئێراندا بون، نەیدەتوانی بە بێ هەماهەنگی لەگەڵ ئێران هیچ هەنگاوێك بنێ. لە لایەکی ترەوە، پارتی دیموکرات لە ململانێیدا

لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جودی بە سەرچاوەیەکی هێز بۆ خۆی دادەنا. هەڵوەشاندنەوەی جود ئەم سەرچاوەیەی هێزی لێ دەسەندەوەو لاوازو بێدەسەلآت نیشانی دەدا.

بونی پارتی کۆمۆنیست بە هاوپەیمانی هەر یەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە هەردوکیان پەیوەندییەکی گرژیان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، وردە وردەو بەشێنەیی، رۆڵی بێلایەنی لە پارتی کۆمۆنیست سەندەوەو بەرە بەرە لە شەرێکدا تێوەی گلاند کە ئەو تێیدا لە دوو لایەنەکەی تر زیاتر زیانی بەر کەوت.

پارتی کۆمۆنیست پاش پەکخستنی پرۆژەی بەرەی یەکگرتوو، ئومێدی لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو کە لە ئایندەدا جود ببێ بە بەرەیەکی فراوان و زۆر لایەنی تر لە ژێر چەترەکەیدا کۆ بکاتەوە. بەڵام لە ساڵانی دواتردا، لەسەر ئاستی عیراق هیچ لایەنێکی عیراقی پەیوەندیی بە جودەوە نەکرد، بەڵام لە کوردستاندا پاسۆك و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان چونە ناوییەوە.

پاش شکستە گەورەکانی جود لە شەرەکانی ساڵی ١٩٨٣ی پشتاشان و قەندیل، جود بایەخی خۆی لەدەستدا. لە ساڵی ١٩٨٦دا، دوا بە دوای ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، جود دەستی بە هەڵوەرین کردو لە ساڵی ١٩٨٨دا لەگەڵ راگەیاندنی بەرەی کوردستانیدا لەبەریەك هەڵوەشایەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:


*جەوقەد (بەرەی سیاسی).

*پشتاشان (ئۆپەراسیۆن)

*قەندیل (ئۆپەراسیۆن).

*تەرابلوس (رێککەوتننامە).

## جەبار حاجی رەشید*



کادیری پێشکەوتوو و لێپرسراوی رێکخراوی سلێمانی. ناوی تەواوی عەبدولجەبار رەشید محەمەد مەلا برایم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٥ی سلێمانی. قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیی خوێندنی لە سلێمانیو قۆناغی ئامادەیی لە بەغداتەواو کردووەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی کشتوکاڵی لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی بەدەست هێناوە. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو هەمان ساڵ پلەی ئەندامێتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێ بەخشراوە.

ساڵی ١٩٦٤ مەکتەبی سیاسیی پارتی داوای لێ کرد حەشارگەیەکی نهێنی بۆ دامەزراندنی چاپخانەیەك لە ناو شاری سلێمانی دابین بکات، ئەویش بەهاوکاریی حەمە چاوشین و وەستایەکی بینا بە ناوی ئەحمەد سەلیم، لەماڵی خۆی لە شەقامی کاوە جێگەیەکی شاراوەی بۆ دانانی چاپخانەکە دابین کرد. لەم چاپخانەیە چەندین بەیاننامەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتیو چەند نوسینێکی برایم ئەحمەدو تاڵەبانیو عەبدولرەحمان زەبیحیو حیلمی عەلی شەریف و چەند ژمارەیەکی رۆژنامەی «خەبات» چاپ کراوە. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ئەشکەوتی مالومەی دۆڵی جافەتی.

ساڵی ١٩٦٨ خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردو هەر لەو قۆناغەی ژیانیدا وردە وردە تێکەڵ

بە بیروباوەڕی چەپو پێشکەوتنخوازانە بوو و پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کادیرانەدا دروست کرد کە پاشتر کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیان دامەزراند. دواتریش، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردو وەك هەڵسوڕاوێکی چاپوك کاری تێدا کرد.

ساڵی ١٩٧٣ پاش بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانیو پاشان بووە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو ڕژێمی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و ماوەیەك لەماوەت مایەوەو دواتر لەگەڵ چەند کادیرێکی کۆمەڵەدا بەشدار بوو لە سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی کامپی ئاوارەکان لەپێنجوێن. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە سلێمانیو دەستی بەهەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی کرد لەڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا. هەر ئەو ساڵە، دوا بەدوای ئاشکرابونی بەشێکی زۆری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو گیرانی ژمارەیەکی زۆری سەرکردەو کادیرەکانو تێکچونی شیرازەی ڕێکخستنەکان، سلێمانیی بەجێ هێشتو لە هەولێر گیرسایەوە. پاش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکان بەدەستپێشخەریی شاسوار جەلال و ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕێکخستنو کارکردن بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدار، چالاکانە کەوتە کارکردن لەڕیزەکانی ڕێکخستن.

ساڵی ١٩٨٥ لێپرسراوەتیی ڕێکخراوی سلێمانیی پێ سپێردراو توانی گەشەیەکی بەرچاو بەتەونی ڕێکخستن بدا. ساڵی ١٩٨٧ پاش ئاشکرابونی بەشێکی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی کەرکوك و گیران و لەسێدارەدانی ژمارەیەك ئەندام و کادیرو لێپرسراوەکانی ئەو ڕێکخراوە، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخراوەکەی گرتە ئەستۆ.

ساڵ ١٩٨٨ پەرەی بەپەیوەندییەکانی ڕێکخستنی ناو شارەکان و دەستە پارتیزانەکان داو ئاستێکی بەرزی هەماهەنگیی لە نێوانیاندا دروست کردو هەر لەو ساڵەدا توانی سەرکردەیەکی بریندای پێشمەرگە پارتیزانەکان بگەیەنێتە بەغداو لەوێ نەشتەرگەریی بۆ بکا. ئەم ڕووداوە ئاماژەیەکی ڕونە بۆ پەرەسەندنی تواناى ڕێکخستنەکانو فراوانبونی رایەڵەی هەڵسوڕانیان. لەم ئۆپەراسیۆنەدا محەمەد غەریب عەبدوڵڵا ناسراو بەئازادی سەگرمە کەلێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی پارتیزانەکانی سنوری گەرمیانو قەرەداغو سەگرمەی پێ سپێردرابوو و لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق لە تشرینی یەکەم بە سەختی بریندار ببوو، گەیەنرایە بەغداو لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلیدا نەشتەرگەریی پێویستی بۆ کراو بۆ ماوەی سێ مانگ لە بەغداو شارۆچکەی کەنعان مایەوەو بۆ ساڵی دواتر گەیەنرایە قەڵادزێو لەوێوە ڕەوانەی بنکەکانی سەرکردایەتی کرا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٩٠دا دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس لە شاڵاوێکی توندوتیژدا دژی ڕێکخراوی سلێمانی کە لەو کاتەدا سەرپەرشتیی ڕێکخراوی کەرکوك- بەغدای دەکرد، توانییان ژمارەیەکی زۆر کادیری ڕێکخستن لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوك دەستگیر بکەن، لەوانە جەبار حاجی رەشید. زۆربەیان دادگا فەرمانی بەندکردنی بۆ دەرکردن، بەڵام بۆ جەبار حاجی رەشید و چوار هاوڕێی تر فەرمانی لەسێدارەدانی دەرکرد. لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠ جەبار و هاوڕێکانی لەسێدارە دران بەڵام تەرمەکانیان نەدرایەوە بە کەسوکاریان و تەنانەت کەسوکاریان لەوەش ئاگادار نەکرانەوە کە لەسێدارە دراون. بۆیە بە درێژایی چوار ساڵ، چارەنوسیان هەر بە نادیاری مایەوە، تەنانەت

لە ساڵی ١٩٩١ یش، لە کاتی دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراقدا، نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەوڵێکی زۆریان بۆ زانینی چارەنوسیان دا، بەڵام هیچیان لەم بارەیەوە چنگ نەکەوت. لە ساڵی ١٩٩٤دا، چوار ساڵ پاش لەسێدارەدانیان، زانیارییەکان ساغیان کردەوە کە هەمویان لەسێدارە دراون. لە ١٠ی شوباتدا تاڵەبانی لە رێ و رەسمێکی شکۆداردا کە لە هۆڵی مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی بەڕێوە چوو، بە ئامادەبونی ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی و پەرلەمانی کوردستان و لێپرسراوو کارگێران و ئەندامانی مەڵبەندو کەسوکاری هەر پێنج شەهید، هەواڵی شەهیدبونی هەر پێنج کادیرە پێشکەوتووەکەی بە کەسوکاریان راگەیاندو لە وتارێکدا بەم بۆنەیەوە وتی «ئێمە وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکێك لە شانازییەکانی خەباتمان ئەوەیە کە دەیان کادیرو سەرکردەی تێکۆشەرو هەزاران پێشمەرگەو دەیان هەزار دۆست و لایەنگرو ناسیاوی خۆمان لەپێناوی رزگارکردنی گەلەکەماندا گیانی پاکیان بەخت کردووەو لەپێناوی بیروباوەڕدا، لەپێناوی رزگاریی کوردو کوردستاندا دلێرانەو قارەمانانە گیانی خۆیان بەخت کردووە». هەروەها مەکتەبی سیاسی راگەیەندراوێکی بەم بۆنەیەوە دەرکرد تێیدا هاتبوو کە شاری سلێمانی «هەمیشە مەڵبەندی گیانبازی و قوربانی بەخشین بووە بۆ رزگاریی کوردو کوردستان».

## پاشکۆی ژمارە ١

## وتاری تاڵەبانی لە رێ و رەسمی راگەیاندنی شەهیدبونی جەبار حاجی رەشیدو هەڤاڵەکانی

خوشك و برایانی خۆشەویست

ئەم کۆبونەوەیەمان بۆ ئەوەیە کە بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و لە ئێوەی خۆشەویست و لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گەلەکەمان بکەین، بە بۆنەی شەهیدبونی پێنج هەڤاڵ و برای تێکۆشەرو خۆشەویستی خۆمان: کاك جەبار، کاك ئەحمەد، کاك ئەبوبەکر، کاك محەمەد رەحیم، کاك عەتا ئەحمەدو شەهیدبونی کاك سالاریش لە زیندان بە هۆی نەخۆشییەوە. زۆر بە داخەوە ئەم پۆلە تێکۆشەرە قارەمانە، وەك دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە، لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠ شەهید کراون. لەو ماوەیەدا دەنگوباسی جیا جیامان بۆ دەهات. هەوڵماندا لەو هەواڵانە بکۆڵینەوە تا راستییەکە بزانین. تروسکایی هیوایەکیش هەبوو کە لەسێدارە نەدرا بن و زیندوو بن. بەڵام بە داخەوە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە لەسێدارە دراون و گیانی پاکیان گەیشتۆتە گیانی پاکی سەدان و هەزاران شەهیدی گەلەکەمان.

ئەو هەڤاڵانە گروپێکی تێکۆشەرو کۆڵنەدەری رۆژەکانی سەخت و ناخۆشی بون کە لە شار لە ژێر هەلومەرجێکی یەکجار دژوارو ناخۆشدا درێژەیان بە خەباتەکەیان داو قارەمانانە لە بەرامبەر دوژمن وەستان و دوژمن نەیتوانی بە هەموو جۆرە زەبروزەنگێك هیچ نهێنی و هیچ خەبەرێکیان پێ بدرکێنێ. بێگومان شەهیدکردنی ئەو پێنج هەڤاڵەو شەهیدبونی هەڤاڵی تریشمان لە زیندان، زیانێکی گەورەیە کە لە گەلەکەمان، لە یەکێتییەکەمان، لە کەسوکاریان کەوتووە، بەڵام میللەتی ئێمە میللەتێکی شەهیدپەروەرو قارەمانە کە بە درێژایی مێژوو بەرامبەر بە داگیرکەران وەستاوەو بێگومان نرخی ئەم خۆڕاگرتنە دیارە. نرخەکەی خوێنی گەشی شەهیدانی کوردستانە. یەکێك لەو میللەتانەی کە زۆر شەهیدی داوە، میللەتی ئێمەیە. لە چاو ژمارەی خۆی، لە ساڵی ١٩٦١وە تا ئێستا سەدان هەزار کورد گیانی پاکیان لەپێناوی

رزگارکردنی کوردستاندا بەخت کردووە. هەر خوێنی گەشی شەهیدانیش بووە کە ئەم ڕۆژی ڕزگارییەی هێناوەتە دی و گەلەکەمانی لە بەشێکی نیشتمانە خۆشەویستەکەی گەیاندۆتە ئەم ڕۆژەی کە تێیدا بە سەربەرزی بژین و تەنانەت بتوانین بۆ یادکردنەوەی شەهیدانیش بە ئاشکرا لە کۆبونەوەیەکی وادا، ئەوەی لە دڵمان دایە، ئەو هەستەی کە پڕ ئیحتیرام و سۆزە بۆ شەهیدە خۆشەویستەکانمان دەری ببڕین. شەهیدەکانمان هەم لە ژیانیاندا هەم لە مردنیاندا، نەك هەر ڕۆڵەی بەوەفاو دلێری گەلەکەمانن، بەڵکو بە تێکۆشان و فیداکارییان هەم خزمەتێکی زۆری گەلەکەمانیان کردووە هەم دەرسی باشیان بۆ داداوین.

خەباتیان لە ڕۆژە سەختەکاندا بووە هۆی پاراستنی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرز هێشتنەوەی وەرەو وزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سازکردنی زەمینەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١. بە شەهیدبونیشیان دیسان نەك هەر بە خوێنی گەشیان داری ئازادییان بۆ بەرهەم هێنایین، بەڵکو ئەو ڕاستییەشیان تێگەیاندین کە ڕۆڵە فیداکارەکانی یەکێتییەکەمان و گەلەکەمان لە ئاستی دوژمندا نەك هەر چۆك دانادەن، بەڵکو ئەو ڕاستییەش دوپات دەکەنەوە کە زوڵم و زۆری دوژمن ناتوانێ کار بکاتە سەر وەرەی تێکۆشەرانی گەلەکەمان. ژیانیان و شەهیدبونیان دوو جۆر سەروەرییە لە مێژوی میللەتەکەمان: سەروەریی ژیانیان کە ژیانێکی پڕ دڵسۆزی و وەفاداری و خەبات و تێکۆشان بوو لەپێناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، سەروەریی شەهیدبونیش کە گەورەترین سەروەرییە لە مێژوی گەلاندا، بەتایبەتی لە مێژوی گەلی کورددا. ئینسان هەر دەمرێت. بەڵام دوو جۆر مردن هەیە: مردنێك کە ئینسان بە ساردی، بە بێدەنگی، لە ناو جێ گیان لە دەست دەدا، مردنێکیش کە بە سەربەرزی و سەروەری، چ لەسەر سێدارە، چ لە سەنگەردا، چ لە کۆڕی خەبات، گیانی خۆی بۆ گەل و نیشتمانەکەی بەخت دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەتا هەتایە لە دڵ و مێژوی میللەتەکەیدا بژی.

ئێمە وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکێك لە شانازییەکانی خەباتمان ئەوەیە کە دەیان کادیرو سەرکردەی تێکۆشەرو هەزاران پێشمەرگەو دەیان هەزار دۆست و لایەنگرو ناسیاوی خۆمان لەپێناوی رزگارکردنی گەلەکەماندا گیانی پاکیان بەخت کردووەو لەپێناوی بیروباوەڕدا، لەپێناوی ڕزگاریی کوردو کوردستاندا دلێرانەو قارەمانانە گیانی خۆیان بەخت کردووە.

خوشك و برایانی خۆشەویست

شەهیدبونی ئەم پۆلە قارەمانەی گەلەکەمان لەگەڵ شەهیدبونی سەدان و هەزاران هاوڕێی تێکۆشەریان لە سەرێکەوە زیانێکی گەورەی بە گەلەکەمان گەیاندووەو لە سەرێکی ترەوە خەفەت و ئەسەف و پەژارەیەکی زۆری خستۆتە دڵ و دەرونی هاوڕێکانیانەوە، بەڵام لە مێژودا تێکۆشەران لەسەر ئەوە ڕاهاتون کە خەفەت و خەم و ئەسەف و پەژارە وەرچەرخێننەوەو بیکەن بە وزەو هێزێکی تر بۆ درێژەدان بە خەبات لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجانەی کە ئەو تێکۆشەرانەو هاوڕێکانیان لەپێناویاندا گیانیان بەخت کردووە. هەر بەوە دەتوانین شەهیدەکانمان لە مێژوو و دڵ و دەرونی میللەتەکەمان بە زیندویی بهێڵینەوە کە ڕێگاکەیان ون نەکەین و لە ڕێبازەکەیان لانەدەین و ئاوات و ئامانجەکانیان لە یاد نەکەین.

ئێمە جارێکی تر بەڵێنتان پێ دەدەین کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك هەمیشە هێزی شەهید پەروەر بێ و لەپێناوی بەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەو تێکۆشەرانەو تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنەکانیان هیچ کاتێك دریغی ناکات و هەمیشە دروشمی نەسرەوتن تا

سەرکەوتن کە دروشمی ئەو شەهیدە قارەمانانەیە بەرز دەکاتەوە.

چاکترین تۆڵە لە داگیرکەران و جەللادان خەبات کردنە لە دژی حکومەتی رەفتار فاشیستی بەغداو روخاندنی دام و دەزگـای سـەددامـی جـەلـلادو رزگارکردنی بەشەکەی تری کوردستانی خۆشەویست کە لە شنگالەوە تا رۆژهەڵاتی موسل، دەشتی قەراج، کەرکوکی قودسی کوردستان، خانەقین، مەندەلی و جەسان بە ئومێدی ئەوەی وەك بەشە رزگارکراوەکەی کوردستان لە چنگ رژێمی رەفتار فاشیست دەربچن. هیوادارین ئەمساڵ ساڵێکی گرنگ و چارەنوسساز بێت و ئاواتی شەهیدەکانمان تێیدا بێتە دی.

بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدە قارەمانانە، پێم وایە سەرەخۆشی کافی نییە چونکە ئەوانە شەهیدی خۆمانن و سەرەخۆشی لە خۆمان دەکەین و باشترە بەبیریان بێنینەوە کە راستە جگەر گۆشەو ئازیزی زۆر نازداریان لەدەستداوە بەڵام یەك سەروەریی گەورەشیان لە مێژوی میللەتەکەیان بۆ خۆیان و بۆ کەسوکاریان تۆمار کردووە: سەروەریی بون بە کەسوکاری شەهیدان. پێم وایە لە مێژوی گەلی کورددا هیچ سەروەرییەك لەم سەروەرییە بەرزتر نییە.

## پاشکۆی ژمارە ٢

### راگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە شەهیدبونی جەبار حاجی رەشیدو هەڤاڵەکانی

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

هاووڵاتییانی خۆشەویستی شاری قارەمانی سلێمانی، ئەو شارە خۆشەویستەی کوردستان، شاری هەڵمەت و قوربانی کە هەمیشە مەڵبەندی گیانبازی و قوربانی بەخشین بووە بۆ رزگاریی کوردو کوردستان، بۆ دیموکراسی و ئاشتی، بۆ مافی چارەی خۆنوسین و مافی مرۆڤ، پۆل پۆل لە سەنگەرەکانی خەبات و تێکۆشاندا چاکترین و ئازاترین رۆڵەکانی خۆی بەخشیوە، هەروەك هەمیشە بە رۆڵە دلێرەکانی خۆی سەنگەرەکانی شاخی ئاوەدان کردۆتەوە، لە ناوەندی شارەکان و لە روی زەبروزەنگی دوژمنی کوردکوژدا رێچکەشکێنی چونە سەر پەتی سێدارە و بانگی کەم بژی و کەڵ بژی بووە.

لە سەختترین هەلومەرجی گەلەکەماندا، لە داچونی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا پاش جەنگی کیمیایی و شاڵاوی ئەنفالەکان بۆ سەر کوردستان، لە جەنگی گەرمترین بەرگریی کورد لە کوردستان، لە کۆڵنەدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە روی شاڵاوی کۆکوژی و وێرانکردن و قەڵاچۆکردنی گەلی کورددا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ پۆلێك لە تێکۆشەرە هەڵۆ بەرزەفڕەکانی کوردستان لە خەباتی رێکخراوەیی بێ وچانی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەستگیر کران و رەوانەی سەختترین شوێنەکانی ئازاردان و ئەشکەنجەدانی بەعس کران. لە نێو ئەو پۆلە تێکۆشەرەدا پێنج رۆڵەی گیانبازو لەخۆبوردوو بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا درا کە ئەمەش ناوەکانیانە:

١-عەبدولجەبار رەشید محەمەد مەلا برایم ناسراو بە جەباری حاجی رەشید و لە ریزەکانی رێکخستندا ناسراو بە هاوڕێ باوەڕ کە لێپرسراوی رێکخراوی سلێمانیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووەو پێش دەستگیرکردنی ئەندامانی رێکخراوی کەرکوك، سەرپەشتیی هەردوو رێکخراوی سلێمانی و رێکخراوی کەرکوك- بەغدای کردووە.

٢-ئەحمەد حەمەد وەتمان ناسراو بە مامۆستا ئەحمەدی سەناعەو لە ریزەکانی رێکخستندا ناسراو بە هاوڕێ گمۆ، لێپرسراوی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی

ڕێکخراوی سلێمانی لە ناو شار.

٣-ئەبوبەکر محەمەد ساڵح کەریم ناسراو بە وەستا بەکری دارتاش و لە ریزەکانی ڕێکخستندا ناسراو بە هاوڕێ پۆڵا، لێپرسراوی هێڵی بابەگوڕگوڕی کەرکوك کە لەو کاتەدا سەرپەرشتیی ڕێکخراوی سلێمانیی دەکرد.

٤-محەمەد رەحیم حەسەن رەسول ناسراو بە هاوڕێ شەماڵ لە ریزەکانی ڕێکخستندا، لێپرسراوی بەشێکی سوپای رزگاریی کوردستان (سرك) لە ناوچەی کەلارو دەربەندیخان.

٥-عەتا ئەحمەد محەمەد قادر ناسراو بە هاوڕێ زانا لە ریزەکانی ڕێکخستندا، لێپرسراوی چەند شانەیەکی چەکداری نهێنیی ناو شار لە سنوری ڕێکخراوی سلێمانی.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر لە سۆراخی ئەم پۆلە تێکۆشەرە بێ سەروشوێنانە بوو لە هەموو شوێن و لە هەموو فرسەتێکدا، تەنانەت لە کاتی گفتوگۆش لەگەڵ رژێم هیچ ئەنجامێکی مان و نەفەوتانیان دەستگیر نەبوو. بەڵام دواتر دڵنیا بوین کە لە پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر، لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠ لەسێدارە دراون و ئازایانە گیانی پاکیان بە گەل و نیشتمانەکەیان و ئامانجە پیرۆزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەخشیوە. ئێمە کە ئەم هەواڵە رادەگەیەنین، بە ناوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆشی لە کەسوکارو تێکۆشەرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گەلەکەمان دەکەین و بەڵێن تازە دەکەینەوە کە لەسەر ئەو رێبازە پیرۆزە سور بین کە ئەو پۆلە شەهیدەو هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان گیانی خۆیان بۆ بەخشیوە تا حکومەتی دیموکراتی کوردستان بە تەواوی دەچەسپێ و دەگاتە قەوارەی فراوانی خۆی کە هەموو شوێنە داگیرکراوەکانی ژێر چەپۆکی دیکتاتۆری بگرێتەوەو دیموکراسی و ئاشتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنوسینی تێدا بەرقەرار بێت.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەم پۆلە شەهیدەو هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدان.

مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩٩٤/٢/١٠

## جەبار فەتاح*

پێشمەرگەو کادیر. ناسراو بە دکتۆر نەبەز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی. قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووەو دەرچوی ساڵی ١٩٨٢ی پەیمانگەی تەندروستیی سلێمانییە.



ساڵی ١٩٧٦ کاتێك خوێندکاری ناوەندیو تەمەنی ١٤ ساڵ بوو، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. کارکردنی لە ڕێکخستنە نهێنییەکان قۆناغێکی گرنگی ژیانی پێکدێنێ کە تێیدا وەك کادیرێکی هەڵسوڕاو و چالاك دەرکەوتووەو لەو ماوەیەدا زۆر بەتەنگ ئەوەوە بووە کەکۆمەکو یارمەتیو داوو دەرمانو جلوبەرگو پێداویستییە لۆجستیکییەکان بۆ هێزی پێشمەرگە دابین بکات. لەهەڵسوڕانی سیاسیی ناوشاریش، لەوانە لەخۆپیشاندانەکانی ساڵانی ١٩٨٢، رۆڵێکی باڵاو دیاری هەبووەو لەخۆپیشاندانەکاندا دوو جار بە سەختی بریندار بووە، بەڕادەیەك کەناچار بوو، تا ئەو کاتەی برینی سارێژ دەبێتەوە، لە ماڵی یەکێ لە

هاوڕێکانی، خۆی بشارێتەوە.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەگوندی حاجی مامەند ژیانی پێشمەرگایەتیی لەکەرتی ڕێکخستنی شارباژێر دەستی پێ کرد. دواتر گوێزرایەوە بۆ تیپەکان و لە تیپی ٣١ی پێنجوێن‌و ٣٣ی سلێمانی پەرەی بە هەڵسوڕانی پێشمەرگانەی خۆی دا. لە تەمەنی پێشمەرگایەتییدا لە چەندین نەبەرد و شەڕی گەورەدا بەشدار بووە، لەوانە شەڕەکانی سنوری شارباژێر، چیای کەتوو، پیری شەوکێل، چوارتا، قەیوان- ماوەت. سەرباری ئەوەی کە لە بواری ڕێکخستندا لێپرسراوەتیی پۆلی پێ سپێردرا بوو، وەك پزیشکێکی گەڕۆکیش لە ناو هێزی پێشمەرگەو گوندەکاندا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووە.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١، وەك پێشمەرگە، بەشدار بوو لەجێبەجێ کردنی نەخشەی ڕامالینی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە سلێمانیو گەرمیان.

لە٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ لە روبەڕوبونەوەیەکیی سەختدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق، لە چوارچێوەی ئەو جموجوڵەی کەدواتر «ڕاپەڕینی سێیەمی سلێمانی»ی ناو لێ نرا، لە ناو شاری سلێمانیدا شەهید بوو.

## جەبار فەرمان



فەرماندە و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکەم وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ناوی تەواوی جەبار فەرمان عەلی ئەکبەر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی بان میلی ناوچەی خانەقین. ساڵی ١٩٦٠ خوێندنی سەرەتایی لە گوندی کارێز تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٣، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا، پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو وەك کادیرێکی چوست و چالاك کاری تێدا کردووە. ئەمەش کێشەیەکی زۆری لەگەڵ پۆلیس و ئاسایشدا بۆ دروست کردووەو بە هۆی ئەمەوە چەند جارێك دەستگیر کراوە. لە یەکێ لە چالاکییەکان، بەشدار بوو لە جێبەجێ کردنی نەخشەی دەربازکردنی هاوڕێی، ئاوات عەبدولغەفور، لە چنگ پۆلیسەکان.

خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیی لە خانەقین تەواو کرد و لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە باقوبە وەرگیرا. پاش دەرچونی بە مامۆستا، لە گوندی بوهرزی سەر بە پارێزگای دیالە بۆ ماوەی ساڵێك بە مامۆستا دامەزراو پاشان گوێزرایەوە بۆ بەغداو لەوێ لە یەکێ لە خوێندنگاکانی گەڕەکی سەورە بە مامۆستا دامەزرا.

ساڵی ١٩٧١ شانبەشانی جێبەجێ کردنی ئەرکی مامۆستایی لەو خوێندنگەیە، دەستی بە خوێندن کرد لە بەشی فیزیای کۆلیجی زانست لەزانکۆی موستەنسریە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٤ لە کاتێکدا کە لە سێیەم ساڵی زانکۆدا بوو، وازی لە خوێندن هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ خانەقین و درێژەی بە هەڵسوڕانی دا لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی دەستگیرکردنی ئەندامانی کۆمەڵەدا، گیراو لە دادگا فەرمانی ٦ ساڵ زیندانی کردنی بۆ دەرچوو. ماوەی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٩ی لە زیندانەکانی فوزەیلیە و

ئەبوغرێب بەسەر برد. ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری بەندکراوەکان بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی سەرکردایەتی لە زەڵێ و ناوزەنگ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد.

هەر ئەو ساڵە یەکەم لێپرسراوەتیی لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پێ سپێردراو کرایە رابەری سیاسیی هەرێمی ٤ و پاشان بووە بەرپرسی کەرتی رێکخستنی چۆمان لە گوندی وەرتێی ناوچەی باڵەکایەتی. پاش دووەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەی رەنجدەران لە ساڵی ١٩٨٢، بووە لێپرسراوی رێکخراوی ٢ی کۆمەڵە کە بارەگاکەی لە گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافایەتی بوو.

ساڵی ١٩٨٤ لە سێیەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە دۆڵی مێرگەپان، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ١ی گرتە ئەستۆ. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە دەیان شەڕو ئۆپەراسیۆنی گەورەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج (١٩٨٥) کە بە یەکەم گەورەترین شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراق پاش پچڕانی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عیراق دادەندرێ و لە ساڵی ١٩٨٦دا بەشدار بوو لە سەرپەرشتی کردنی شەڕەکانی قەیوان- ماوەت و لەساڵی ١٩٨٧دا سەرکردایەتیی ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی قەرەداغی کرد.

ساڵی ١٩٨٨ بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری ورمێ و ئەندامی ئۆفیسی راپەڕاندنی بەرەی کوردستانی لە گوندی ڕاژان. ساڵی ١٩٩٠ گوێزرایەوە بۆ سوریا بۆ کاری دیپلۆماتکاری. هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ کوردستان و بەشدار بوو لە ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ڕۆڵێکی کارای لە جێبەجێ کردنی پلانە دانراوەکاندا گێڕاو لێپرسراوەتیی قۆڵی بەمۆ- دەربەندیخان- سلێمانیی پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە، پاش پێکهێنانی سێ لەشکر، کرایە فەرماندەی لەشکری یەك و جەعفەر شێخ مستەفا کرایە جێگری. لەو ماوەیەدا کە بە قۆناغی وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراق دادەندرێ، لەگەرمیان بەرپەرچی پێشێلکارییەکانی سوپای عیراقی دایەوەو لە قۆڵی کفری- کەلار گورزێکی کاریگەری تێسرەواند. هەرچەند لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە زۆر شەڕدا کردووەو سەرکردایەتیی زۆر شەڕی کردووە، بەڵام ناوبانگی درەوشاوەی وەك فەرماندەیەکی مەیدانیی سەرکەوتوو و بەتوانا، زۆرتر بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورەیە دەگەڕێتەوە کە لە قۆڵی کفری- کەلار بەدەستی هێناوە. شەڕەکە حکومەتی عیراقی بردە سەر ئەو باوەڕەی کە توانای کۆنترۆڵ کردنی دۆخەکەی نیە و لێرە بەدواوە وردە وردە کەوتە کێشانەوەی هێزەکانی لە کوردستان. هەر لەو ماوەیەشدا بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان.

ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانی، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو پاشان بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. هەر ئەو ساڵە بووە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری و هەمان ساڵ لە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووە وەزیری پێشمەرگە. لە ماوەی نێوان ١٩٩٤-١٩٩٦دا، لە کاتی شەڕی ناوخۆدا، سەرکردایەتیی زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی سلێمانی و بەشێکی هەولێری کرد.

پاش روداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و پێکهێنانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پۆستی وەزیری پێشمەرگەو جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی گرتە

ئەستۆ. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٦-١٩٩٧دا چەند چالاکییەکی لە بواری خزمەت کردنی پێشمەرگەدا ئەنجام دا لەوانە دامەزراندنی یانەی وەرزشی پێشمەرگەو دانانی بنکەیەکی حەوانەوە بۆ پێشمەرگە بریندارەکان کە دواتر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کرایە بنکەیەکی تەندروستی و پاشانیش ئەو نەخۆشخانە گەورەیەی لێ کەوتەوە کە بە نەخۆشخانەی شۆڕش ناسراوە، هەروەك لەو ماوەیەشدا پێداویستییەکانی گەشەکردنی هێزی پێشمەرگەی ژنانی فەراهەم کردو پەرەی بەو هێزە دا.

ساڵانی کۆتایی تەمەنی، ساڵانێکی سەخت و دژوار بون و تێیدا نەخۆشیی پارکنسۆن Parkinson زۆر بە سەختی تینی بۆ هێنا. لەساڵی ٢٠٠٠ بە دواوە نیشانەکانی نەخۆشییەکەی لێ بەدیار کەوت و ناچار بوو لە کاری سیاسی و حزبی دور بکەوێتەوە. ساڵی ٢٠٠١ بە هۆی ئەوەی کە لە دەرەوەی وڵات خەریکی چارەسەر بوو، دەرفەتی نەبوو بەشداری لە دووەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بکا. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆنگرە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵی بژاردەوە.

لە ٢٥ ئەیلولی ٢٠٠٢دا تاڵەبانی، جەبار فەرمان و ژمارەیەك تێکۆشەری دێرینی خەڵات کردو مەدالیای سەروەریی پێ بەخشین. لە پەراوێزی بەخشینی مەدالیاکەدا کە تاڵەبانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆی کردووە، هاتووە کە ئەو پۆلە تێکۆشەرە دێرینە لە هەلومەرجی «دژوار و نالەبار»ی ساڵی ١٩٧٦ دا بونەتە «سەرمەشقی بەرگەگرتن لە زیندانەکانی دکتاتۆریدا و درێژەدان بە بەشداری لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا».

لەو ماوەیەدا لە ململانێیەکی دژوارو درێژخایەندا بوو لەگەڵ نەخۆشیدا. لە ٩ی ئابی ساڵی ٢٠٠٧دا کۆچی دوایی کردو لە سلێمانی بە خاك سپێردرا.

نەخۆشیی پارکنسۆن Parkinson:

نەخۆشییەکی مەترسیدارە، بە شێنەیی و وردە وردە پەیدا دەبێ و بە دەست لەرزینێکی ساکار دەست پێ دەکا. لە ڕەوتی تەشەنە سەندنی نەخۆشییەکەدا، نەخۆش بزوتن و جموجوڵی کەم دەبێتەوەو بە تێپەڕبونی رۆژگار ئەستەمتر قۆڵەکانی بۆ دەجوڵێندرێ، لە قسەکردندا زمانی قورس دەبێ و دەگاتە ئەو رادەیەی کە زۆر بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرێ.

ئەو نەخۆشەی توشی ئەم نەخۆشییە دەبێ، توانای چاکبونەوەی زۆر کەمە، بەتایبەتی ئەگەر بە تەمەن بێ. زۆر جار بۆ چارەسەر، هانا بۆ نەشتەرگەری دەبرێ. وشکبونەوەو ڕەقبونەوەی ماسولکەکان و لەدەستدانی هاوسەنگی، لە نیشانە دیارەکانی نەخۆشییەکەن. لە قۆناغی کۆتاییدا، هەندێ لە توشبووەکان توشی خڵەفاوی دەبن و مێشکیان کارایی جارانی نامێنێ.

یەکێ لە هۆکانی ئەم نەخۆشییە، ژەهراویبونی لەشە. ئەو ژەهرەی لە ناو لەش کۆ دەبێتەوە، بە شێنەیی کاری خراپی خۆی دەکا و کێشەی گەورە بۆ ئەندامەکانی لەش دروست دەکات.

## پاشکۆ

## وتارێکی وەسفیە بەنی وەیس لە ساڵڕۆژی کۆچی دوایی جەبار فەرماندا (٢٠١٢)

ئەمرۆ ساڵیادی کۆچی دوایی پیاوێکی گەورەی ناو کاروانی کوردایەتییە، یادی پێشمەرگەیەکە سەرتاپای ژیانی بۆ خەبات لەپێناوی ئازادیی گەلەکەی تەرخان کرد، سەرکردەیەك کە هەمیشە

بۆ ئازادیی رۆڵەکانی کوردستان تێدەکۆشا، فەرماندەیەك چاونەترس و جەربەزە، فەرماندەیەکی بوێر کە بەبێ گوێدانە هیچ بەربەستێك بە سەرمای زستان و گەرمای هاوین رووبەڕووی دوژمن دەبویەوەو هێرشی دەکردە سەر بەعسییە خوێنڕێژەکان.

ئەمڕۆ یادی کۆچی دوایی کاك جەبار فەرمانە. ئەو شاسواری هەموو شێوازەکانی خەبات بوو، چ لە زیندان و شاخ و شارو چ لە قۆناغی داهاتووی چەسپاندنی دیموکراسی، بە لەدەستدانی ئەو سەرکردە خاکییە خۆنەویستە هەستمان بە کەلێنێکی زیاتر کرد، چونکە ئەگەر لە باری مەعنەویشەوە بێت، گڕو تینێکی جۆشداری تری دەدایە جولان و بزواندن لەو دەڤەرە گەرمە، بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانەی هێشتا لەو ناوچەیە بەدی نەهاتوون.


کاك جەبار فەرمان ئەو مرۆڤە مەزنە بوو کە چارەنووسی خۆی خستە خزمەتی ئایندەی گەلەکەی و ژیانی بەخشییە کورد، چالاکییەکانی کاك جەبار فەرمان جێگەی مەترسیی دوژمن بوون. کورد قەرزاری ئەو شۆڕشگێڕەیە کە خۆی کردە سەرمەشقی هەڵهاتنی خۆری نوێی ژیانی کوردایەتی. دەبێت بۆ هەمیشە هەموومان شانازی بە لەخۆبوردەیی ئەو شۆڕە سوارەوە بکەین و هەموو ساڵێك لە ئاستێکی فراواندا یادی پڕ شکۆی بکرێتەوەو تاجە گوڵینەی سەروەری لەسەر گڵکۆکەی دابنرێت.

کاك جەبار فەرمانی نەمر، خەمخۆرو رۆڵەیەکی بەوەفای ئەو زێدو دەڤەرە بوو کە تێیدا چاوی هەڵهێناو تێگەیشت و چووە کاروانی خەباتەوە. ئازادیی خانەقین و دەڤەری گەرمەسێر یەکێك بوو لە ئاواتە گرنگەکانی، خۆشبەختانە لەگەڵ زۆر ئاواتی تریشدا ئەوەی بە چاوی خۆی بینی، بەڵام مەخابن باری تەندروستی دەرفەتی نەدا لەم قۆناغە و بۆ ئەم سەردەمە ئەو هیممەت و خەونەی بۆ ناوچەکە هەیبوو بەکار بهێنێ، بەڵام کاروانی بەردەوام و بەوەفاو تێکۆشان و هەڵوێستەکانی کاك جەبار توێشووی بەردەوامی هاندانمانە بۆ کۆڵنەدان تا بەدیهێنانی تەواوی مافەکان. لە باسکردنی ژیان و تێکۆشانی ئەو کەڵە پیاوەدا چی بوترێ دڵنیاین مافی خۆی نادرێتێ و لە ئاست باڵای ورەو سەدای ناوە هەژێنەرەکەی هێشتا کەمە، بۆیە تەنیا شتێك کە لەم بۆنەیەدا پێویستە یاد بهێنرێتەوە ئەوەیە کە کاك جەبار وەك چۆن هەمیشە نەیاری ماکی گەندەڵی و دابڕان لە خەڵك و دەستەگەری و نەیاری پشتلێکردنەوە بووە، دەبێ هەمووان سوود لە بیرو هەڵوێستی ئازیزە لەدەستچووەکانمان وەربگرین.

نەمری بۆ رۆحی کاك جەبار فەرمان و سەربەرزیی هەمیشەیی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کەسوکارو رۆڵەو هاوسەنگەرانی.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٢/٨/٩)

## جەبار محەممەد قادر*



فەرمانده. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی گوندی مژدەینانی ناوچەی باڵەکایەتی. لەبەر نەبونی خوێندنگە لەگوندەکەی، نەخراوەتە بەر خوێندن. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو شەهید پەروەرە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی

رەنجەدرانی کوردستانەوە کردوەو لەو ماوەیەدا رۆڵێکی باڵای لە دەستەبەرکردنی پێداویستییە لۆجستیکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا گێڕاوە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە تیپی ٧٨ی کاروخ، لەو کەرتەی کە مستەفای برای فەرماندەی بوو، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی ١٩٨٤ دوای شەهیدبونی مستەفای برای لە شەڕی کێوەڕەش، لەجێی ئەو کرایە فەرماندەی کەرت. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا رۆڵێکی دیاری لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا گێڕاوەو بەشداریی چەندەها نەبەردی کردووە لەوانە نەبەردەکانی گرتنی بێتواتە، وەرتێ، سێکانیان، قەیوان- ماوەت، داستانی رزگاری، کونەکۆتر، دۆڵی خانەقاو هی تر.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدارییەکی کارای کردووەو لەو پێشمەرگانە بووە کە بەشدارییان لە رزگارکردنی شاری کەرکوك کردووە. ساڵی ١٩٩٢ کرایە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ی هێزی ١٢ی سەفین. ساڵی ١٩٩٣ کرایە ئەندامی کۆمیتەی باڵای پێشمەرگایەتی لە سنوری ناوچەی سۆرانو باڵەکایەتی. ساڵی ١٩٩٥ کرایە فەرماندەی تیپی ٢٤ی چۆمان لە لەشکری ١١ی باڵەك. لە١٦ی ئابی ١٩٩٦دا لەگەرمەی شەڕی ناوخۆدا شەهید کرا.

سێ برای شەهیدی هەیە: کەمال، پێشمەرگەی هەرێمی ٧ی باڵەك، لە ساڵی ١٩٨٠ لەگوندی وەلاشی ناوچەی باڵەکایەتی شەهید بووە، مستەفا، فەرماندەی کەرت لە تیپی ٧٨ی کاروخ، لە ساڵی ١٩٨٤ لە بناری کێوەڕەش شەهید بووە، جەلال، کادیری رێکخستن، کەساڵی ١٩٨٨ لە شارۆچکەی سۆران دەستگیر کراوەو لە هەولێر شوێنبزر کراوە.

## جەبار یاوەر



کادیر و پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی جەبار یاوەر مەندە میرزا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی خانەقین. ساڵی ١٩٦١ باوکی کە کارمەند بوو لەپۆلیسی هێڵی ئاسنینی عیراق لە خانەقین، بە هۆی پەیوەندیی بە رێکخستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، دوور خرایەوە بۆ شاری حیللە لە ناوەڕاستی عیراق و لەم سۆنگەیەوە خێزانەکەشی لەوێ نیشتەجێ بوو.

ساڵی ١٩٦٦ لە حیللە چووە پۆلی یەکەمی سەرەتایی و لەوێ تا پۆلی ٣ی خوێند. دوای گوێزرانەوەی خێزانەکەی بۆ شاری موسەییەب کە کەوتۆتە باکووری شاری حیللەوە، لە موسەییەب درێژەی بە خوێندنی سەرەتایی داو هەر لەوێش ئەو قۆناغەی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٧٠ دوای راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار، خێزانەکەی لە جەلەولا گیرسایەوە. ئەویش هەموو قۆناغی ناوەندی و پۆلی ٤و ٥ی دواناوەندیی لەوێ تەواو کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، باوکی لەڕیزی پۆلیس دەرکراو بە هۆی ئەمەوە هەلومەرجی بژێوی خێزانەکەی گرفتی تێکەوت. هەر ئەو ساڵە بۆ کارکردن و تەواو کردنی خوێندن، روی کردە بەغدا و لەوێ بەو جۆرە کاروباری خۆی رێك خست کە بەیانیان خەریکی خوێندن بێ و ئێواران لە کارگەیەکی رستن و چنیندا کار بکا. ساڵی ١٩٧٦ قۆناغی ئامادەیی تەواو کرد و لە کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی موسڵ وەرگیرا.

هەر ئەو ساڵە لە موسڵ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی

رەنجەرانی کوردستانەوە کرد. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٠ سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی کرد لە کۆلێجی کشتوکاڵ و لە هەمان کاتدا ئەندامی شانەیەکی سەرەکی بوو بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی زانکۆی موسڵ.

دوای تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆی موسڵ، لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد لە ناوچەی هەڵەبجە. هەر ئەو مانگە گوێزرایەوە بۆ بارەگای هاوینەی ناوەندی کۆمەڵە لە نێوان توژەڵەو نۆکان. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ لە هێرشێکی هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانی عیراق بۆ سەر هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی پشدەرە رەقە، لە نێوان گوندی جەلکە و پیرانە رەش، بە سەختی بریندار بوو.

ساڵی ١٩٨١ کرایە لێپرسراوی ئیدارەی بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ و ساڵی ١٩٨٣ وەك ئەندامی کەرت گوێزرایەوە بۆ کەرتی ڕێکخستنی گەرمیان لە سنوری ناوچەی کەلارو لە کۆتایی ئەو ساڵە بەهەمان پلە گوێزرایەوە بۆ کەرتی ڕێکخستنی دوکان.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٨ لێپرسراوی کۆمەڵایەتیی دەشتی هەولێر بوو لە سنوری هەردوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٣ی بەڕانەتی. لە ساڵانی ١٩٨٨-١٩٨٩ لێپرسراوەتیی ڕێکخستنی هەردوو تیپی ٤٣ی ئاسۆس و ٤١ی جوتیارانی پێ سپێردرا. دواتر کرایە ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی کە بارەگاکەی لەگوندی بلەکێ بوو لەسەر سنوور.


ساڵی ١٩٩٠ کرایە ئەندامی فەرماندەیی هێزەکانی پارتیزان لە زەڵێ. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەرکەکانی خۆی لەقۆڵی سلێمانی- کەرکوك جێبەجێ کرد. دوای ڕاپەڕین و لە قۆناغی وتووێژی نێوان حکومەتی عیراق و بەرەی کوردستانیدا، بووە کارگێڕ لە مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوك و لێپرسراوی حەوزی چەمچەماڵ و لە هەمان کاتیشدا لێپرسراوەتیی بنکەی ٢ی ڕێکخستنی نهێنیی ناو شاری کەرکوکی گرتە ئەستۆ.

پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کرایە قایمقامی کفری و هاوکات سەرپەرشتیی ڕێکخستنی کفری وبنکەی ٢ی ڕێکخستنی نهێنیی ناو شاری کەرکوکی کرد. ساڵی دواتر وەك قایمقام گوێزرایەوە بۆ چەمچەماڵ و هەر ئەو ساڵە کرایە ئەندامی دەزگای زانیاری لەقەڵاچوالان و تا ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو.

ساڵی ٢٠٠٣ کرایە راوێژکار لەوەزارەتی ناوخۆ بۆ کاروباری ئاسایش بە پلەی لیوا. هەمان ساڵ کرایە ئەندامی لیژنەی ئاسایش لە بەغدا وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بوو بۆ کاروباری سیاسی و پەیوەندییەکان. ساڵی ٢٠٠٧ بووە ئەندام و وتەبێژی فەرمیی فەرماندەیی گشتیی هێزەکانی پاراستنی هەرێم و ساڵی ٢٠٠٩ بووە ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە.

سەرباری ئەرکەکانی لە وەزارەتی پێشمەرگە، چەند لێپرسراوەتییەکی لە دەرەوەی لێپرسراوەتییەکانی لەوەزارەتی پێشمەرگە گرتۆتە ئەستۆ لەوانە سەرنوسەریی گۆڤاری «لوڕ»و لێپرسراوەتی کردنی سەنتەری هاوبەشی لوڕ لە سلێمانی.

## جەزا عەبدولواحید عەبدوڵڵا



پێشمەرگەی دێرین و کادیری تەکنیکیی ڕاگەیاندن. ناسراو بە جەزا سەرسپی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی سلێمانی. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی

بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. نزیکەی مانگ و نیوێك پاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٩دا خوێندنی لە ئامادەیی بازرگانیی سلێمانی تەواو کرد، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری هەرێمی ٤ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لە کۆتایی ئەو ساڵە، گوێزرایەوە بۆ بارەگای دەزگای ڕاگەیاندن لە زەڵێ و لەوێ وەك تایپیست سودی لێ وەرگیرا. لەو ماوەیەدا ئەرکی تایپ کردنی بەشێکی زۆری بڵاوکراوەکانی یەکێتیی گرتە ئەستۆ و هەر لەو ماوەیەشدا، لەپاڵ کاری ڕۆژانەی وەك تایپیست، لەگەڵ حەمە ئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە چالاك بەشێکی کاری ڕۆنیۆی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨١ پاش دابین کردنی پێداویستییەکانی چاپخانەیەکی تایبەت بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، گوێزرایەوە بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ و لە بەشی چاپخانەو دەزگای ڕاگەیاندندا کاری کرد. لە ماوەی نێوان ١٩٨١-١٩٨٣ بەشێکی زۆری ئەرکی تایپ کردن و خستنە سەر ستێنسل و ڕاکێشان بەڕۆنیۆی گرتە ئەستۆو بە شێوەیەکی تایبەت ڕۆڵێکی دیاری لەتایپ کردنی ڕێژەیەکی بەرچاوی بابەتەکانی خولی دووەمی گۆڤاری «کۆمەڵە» دا بینی.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ بە هۆی زیادبونی مەترسی لەسەر ناوچەی سەرکردایەتی لەسۆنگەی شەڕی عێراق- ئێران و شەڕی ناوخۆوە، لەگەڵ بەشێکی کادیرە تەکنیکییەکان بەشێکی کەلوپەلی چاپخانەکەی گواستەوە بۆ گوندی وەرتێ. پاش بڵاوە پێ کردنی بارەگاکانی ناوچەی سەرکردایەتی و گواستنەوەی دەزگای ڕاگەیاندن و چاپخانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵە بۆ باوزێ و سەرشیو لە ناوچەی پشدەر، وەرتێی بەجێ هێشت و کەلوپەلی چاپخانەکەی بردەوە بۆ ناوزەنگ و لەوێ بەشدار بوو لەگواستنەوەی بۆ باوزێ و سەرشیو. بەڵام لەبەر هەلومەرجی ئەو کاتە، هیچ دەرفەتێك بۆ بەگەڕخستنەوەی چاپخانەی کۆمەڵە پێك نەهات. لە هاویندا لەگەڵ گواستنەوەی کەلوپەلی چاپخانە بۆ دۆڵی جافەتی، ماوەیەك لەبەرگەڵوو گیرسایەوە، بەڵام هێشتا هەلومەرجەکە بەکەڵکی بەگەرخستنەوەی چاپخانە و دەزگای ڕاگەیاندنی کۆمەڵە نەدەهات، بۆیە لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادردا کە بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بوو، چوو بۆ گوندی خەتێ و چەند مانگێك لەوێ مایەوە.

لە کۆتایی ئەو ساڵە وازی لە چاپخانە هێناو خۆی بۆ کەرتی ڕێکخستنی دوکان گواستەوەو لە سنوری گوندەکانی مارە ڕەش و مۆکەبەوە تا گوندەکانی خەمزەو تەگەران کاری ڕێکخراوەیی کرد. ساڵی ١٩٨٥ کرایە کادیری کەرت لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون. ساڵی دواتر بووە لێپرسراوی بەڕێوەبردنی کاروباری خولەکانی مەشق و ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی تۆپ و موشەك کە بە سەرپەرشتیی یونس ڕەحیم محەمەد لەگوندی هەڵەدن بەڕێوە دەچون، خۆیشی بەشداریی لە خولێکی تەقەمەنی و موشەك و تۆپخانەدا کرد.

ساڵی ١٩٨٧ گواسترایەوە بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵە لە دۆڵەکۆگە. ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ گواستنەوەی بارەگای دەزگاکە بۆ گوندی کاولان، ئەویش لەوێ گیرسایەوە. لە کۆتایی هەمان ساڵ گواسترایەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی لەقاسمەڕەش و لەوێ چەند کتێبێکی تایپ و ئامادە کرد بۆ چاپ، لەوانە کتێبەکەی «کوردو عەجەم»ی نەوشیروان مستەفا کەدواتر، پاش ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٢دا، لە هەولێر بەچاپ گەیەنرا.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا وەك پێشمەرگە دابەزی و هەموو ئەو ئەرکانەی جێبەجێ کرد کە لەو کاتەدا پێی سپێردران. هەر لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە

دوو خول، یەکێکیان لەشەقڵاوەو ئەوی تر لە ماوەت، بۆ راهێنان لەسەر بەکارهێنانی ئامێری تلکس کە ئامێرێکە بۆ ناردنی پەیامی راستەوخۆ بە شێوەی ئاماژە سودی لێ وەردەگیرێ.

هاوینی ئەو ساڵە، دوا بەدوای پێکهێنانی دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە قەڵاچوالان کە هەلۆ ئەحمەد کوردە لێپرسراوی بوو، کرایە ئەندامی دەزگاکەو لێپرسراوەتیی بەشی ئاسایشی نەتەوەیی گرتە ئەستۆ. هاوکات، لە بواری رێکخستندا لێپرسراوەتیی کۆمیتەی رێکخستنی رێنوێنی لە سلێمانی پێ سپێردراو تا هەڵوەشانەوەی دەزگاو کۆمیتەکە بەردەوام بوو لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لەهەردوکیاندا.

ساڵی ١٩٩٢ بە فەرمانبەر لەگومرگی سلێمانی دامەزرا. ساڵی ٢٠٠٦ بووە بەڕێوەبەری کۆمپانیای گشتیی کەرەستەی بیناسازی لە سلێمانی. ساڵی٢٠٠٧ دوای پێکهێنانی «کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» بووە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەکە. ساڵی ٢٠٠٨دوا بەدوای دروستبونی بزوتنەوەی گۆڕان بووە یەکێ لە هەڵسوڕاوەکانی ئەو بزوتنەوەیە.

## جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی گەڕەکی قەڵاتی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لە هێزی کۆسرەت لەدەستەی تایبەتی خالید سەعید پێشمەرگایەتیی کردووە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە بۆ کۆیە، بەڵام بەر لەوەی بگەڕێتەوە کلاشنکۆفەکەی لە شوێنێکی پەنهان شاردەوە.


هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کرد. لەو ماوەیەدا بەفەرمانبەر لە بەغدا دامەزرا بەڵام لەگەڵ پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا لە سنوری دەشتی کۆیە لە ساڵی ١٩٧٦، تێهەڵچۆوەو بۆوە بە پێشمەرگە. هەر ئەو کلاشنکۆفەی کردەوە شان کەساڵێك لەمەوبەر شاردبویەوە.

ساڵی ١٩٧٧ لە سەروبەندی یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە برادۆست، بە ئیشوکار نێردرایە سوریا. پاش گەڕانەوەی، لە سنوری دەشتی کۆیە هەڵسوڕانی پێشمەرگانەی خۆی دەست پێ کردەوە. لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کرد لە سنورەکەدا.

لە٨ی ئازاری ١٩٧٨دا لە شەڕێکدا لە نزیك گوندی دەشتێو لە ناوچەی پشدەر کە تێیدا فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر سەعدی عەزیز و ١١ پێشمەرگەی تر شەهید بون، لەگەڵ ٤ پێشمەرگەی تردا بە ناوی حسێن عەبدولڕەحمان و عەزیزی باپیر و جەواد کەریم و کەمال واحید بە برینداری بەدیل گیرا. لە٢١ی حوزەیرانی هەمان ساڵ لەگەڵ سێ لەو پێشمەرگانە لە بەندیخانەی موسڵ لەسێدارە درا.

بابەتی پەیوەندیدار:
* دەشتێو (شەڕ).

# جەعفەر شەفیعی



هاوکارو دۆستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پزیشکی شۆڕش. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی شاری بۆکان لە کوردستانی ئێران. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە بۆکان تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٠ چوەتە کۆلێجی پزیشکی لە زانکۆی تەورێز.

لەو ماوەیەدا تێکەڵ بە بزووتنەوەی خوێندکاران بوو لە دژی رژێمی شا، توانی وەك هەڵسوڕاوێکی دیاری ئەم بزووتنەوەیە چالاکی بنوێنێ و لەم سەروبەندەدا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە کردو لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشاندا توانی پێگەیەکی رێکخراوەیی بۆ کۆمەڵە لە ناو کرێکاران و رەنجدەرانی بۆکان و تەورێز دروست بکات.

ساڵی ١٩٧٢ دەزگای ئاسایشی رژێمی شا (ساواك) دەستگیری کردو بە درێژایی شەش مانگ ئەشکەنجەو ئازاردان بەرگەی گرت و هیچی نەدرکاند. کە ئازاد کرا، درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی دایەوە.

ساڵی ١٩٧٨ رۆڵێکی کارای هەبوو لەگەیاندنی ئازوقە بەبارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قەندیل و لە کۆتایی بەهاردا بۆ هاوکاری کردنی پێشمەرگە، لە قەندیل گیرسایەوەو توانای پزیشکیی خۆی خستە خزمەتی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکەوە. لەو ماوەیەدا چەند خولێکی فریاکەوتنی سەرەتایی بۆ پێشمەرگەکان کردەوەو هەندێ نەشتەرگەریشی بۆ برینداره‌کان ئەنجام دا.


لەو ماوەیەدا کە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بووە، سەرباری کارکردنی وەك پزیشکی شۆڕش، دوو وتاریشی بۆ گۆڤاری «کۆمەڵە» نوسیوە، یەکێکیان لە پاییزی ١٩٧٨دا لە ژمارە ١ بە ناونیشانی «ئێران: جزیرەی ئارام یان گۆمی خوێن»، ئەوی تر لە زستانی ١٩٧٩ لە ژمارە ٢ بە ناونیشانی «ئێران: چارەنوسی شۆڕش و راست چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناو ریزەکانی گەل». هەردوو وتار بە ناوی خوازراوی پوشو بڵاو کراونەتەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا، کاتێك خەباتی جەماوەری ئێران لە دژی رژێمی شا پەرەی گرت، گەڕایەوە بۆ کوردستانی ئێران و وەك رێبەرو رێکخەری جەماوەر رۆڵی شیاوی خۆی نواند. پاش روخانی رژێمی شا، لە ساڵی ١٩٧٩دا ئەرکی رێکخستنی خەباتی جەماوەری لە بەرگریی شۆڕشگێڕانەدا بەڕێوە بردو لەدەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە کاتی وتوویژ لەگەڵ حکومەتی تازەی ئێران بەشدارییەکی کارای کرد.

ساڵی ١٩٧٩ بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و لە ساڵی ١٩٨١ بە دواوە ئەرکی راگەیاندنی گرتە ئەستۆ.

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ لەسەر رێی نێوان کەرکوك و بەغدا بە هۆی کارەساتێکی دڵتەزێنەوە کۆچی دوایی کرد.

# جەعفەر شێخ مستەفا



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی شێخ جەعفەر شێخ مستەفا شێخ عەلی قەڵبەزە.

لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی شێخ مستەفای ناوچەی قەرەداغ. خوێندنی سەرەتایی لەگوندی شێخ مستەفاو خوێندنی ناوەندیو تا پۆلی پێنجی ئامادەیی لەقەرەداغ خوێندووە.

سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە. ساڵی ١٩٧١ کراوەتە بەرپرسی ئیداریی بەتالیۆنی قەرەداغ و تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ هەر لەوێ پێشمەرگە بووە. ساڵی دواتر، پاش نیشتەجێ بونی لە شاری سلێمانی، پەیوەندیی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٧ هەوڵی ئەوەی دا کە لە فەرمانگەیەکی حکومیدا دابمەزرێو لەم سەروبەندەدا چوو بۆ هەولێر بە مەبەستی بینینی خولێك لە بواری دارستاندا چونکە مەرجی دامەزراندن بە پلەی سەرپەرشتیاری دارستان بینینی ئەو خولە بوو کە ماوەکەی یەك ساڵ بوو.

لە سۆنگەی سەرقاڵبونی بەخولەکەو دورکەوتنەوەی لە سلێمانی، لەو ماوەیەدا لە رێکخستنەکانی کۆمەڵە پچڕا بەڵام ١٩٧٨ پەیوەندیی لەگەڵ رێکخستنەکاندا تازە کردەوە. هێشتا فەرمانی دامەزراندنی دەرنەچوو بوو، کاتێك لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە ئاشکرا بوو و فەرمانی دەستگیرکردنی لە لایەن دەزگای ئەمنەوە دەرچوو، بۆیە بڕیاریدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکا. لە شوباتی ئەو ساڵەدا لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ کە فەرماندەکەی فەیسەل رەشید تاڵەبانی بوو، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری ئەو هەرێمە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. لەئازاردا گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٢ی بازیان کە حەسەن حەمید ناسراو بە مام رۆستەم فەرماندەی بوو.

هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی کەرتی یەکی هەرێمی ٥ی قەرەداغ. ساڵی پاشتر بە هەمان پلەی خۆی بۆ کەرتی ٢ی بازیان گواسترایەوە.

دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان لە ساڵی ١٩٨٢، تیپی ٥٥ی قەرەداغ دامەزراو لەم سەروبەندەدا حەسەن حەمید کرایە فەرماندەی تیپو جەعفەر شێخ مستەفا کرایە جێگری. هەر ئەو ساڵە پاش گواستنەوەی حەسەن حەمید بۆ ناوچەی شوان، ئەویش بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون گواسترایەوە بەڵام زۆر لەوێ نەمایەوە چونکە دوای شەهیدبونی محەمەد مەحمود محەمەد باخ فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆسرەت بڕیار درا بۆ سنوری کۆیە بگوازرێتەوەو سەرپەرشتیی تیپەکە بکات تا ئەو کاتەی فەرماندەیەکی تازەی بۆ دادەنرێ. هێشتا دوو مانگی لەوێ تەواو نەکردبوو کە داوای لێ کرا سەرپەرشتیی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بکاو بەهۆی ئەمەوە بەشێك لە هێزەکانی هەردوو تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و ٩٣ی کۆسرەتی لەگەڵ خۆی برد و چووە دەشتی هەولێر.

لەو سەردەمەدا ناوچەکانی پارێزگای هەولێر مەکۆی ململانێکانی شەڕی ناوخۆ بونو گروپەکانی ناو بەرەی جود لەوێ کێشەیەکی زۆریان بۆ هێزی پێشمەرگەی یەکێتی دروست کردبوو. لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەدا بۆ ماوەیەك لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی سێ تیپی بە یەك جار لەئەستۆدا بوو.

ساڵی ١٩٨٥، دوا بە دوای سەرنەگرتنی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقو دەستپێکردنەوەی شەڕ، کرایە بەرپرسی عەسکەریی مەڵبەندی سێ. ساڵی ١٩٨٧ گوێزرایەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و کرایە بەرپرسی عەسکەریی مەڵبەندی یەك. ساڵی دواتر، پاش گەرم بونی

شەڕی کیمیاییو دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکانو کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەسەر سنوری عیراق ـ ئێران گیرسایەوەو پاشان گواسترایەوە بۆ مەڵبەندی سێ کە حەسەن کوێستانی بەرپرسی بوو و بارەگاکانی لە ناوزەنگو نۆکان بوون.

ساڵی ١٩٨٩ پاش دروست کردنی بەتالیۆنەکان و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، کرایە ئەندامی فەرماندەییو خۆیو حەسەن حەمید بونە بەرپرسی بەشی جوڵە. ساڵی ١٩٩١ بەشدار بوو لە داڕشتنی پلانی مەیدانیی دابەزینی هێزەکان و لەم ڕووەوە لێپرسراوەتیی قوڵی یەکی پێ سپێردرا کە سنورێکی بەربڵاوی گرتۆتەوە، لەدەربەندیخانەوە تا خانەقینو لە کولەجۆوە تا دوزخورماتوو، ئەرکەکانی سەرشانی لەو سنورە جێبەجێ کردو هێزی تا ناو خانەقین برد.

دوای ڕاپەڕین، دەست کرا بەڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بەسەرپەرشتیی هەر یەك لە نەوشیروان مستەفاو کەمال موفتیو لەم سەروبەندەدا لەسەر بنەمای جوگرافیا سێ لەشکر دروست کران، یەکێکیان لەشکری یەك بوو بە لێپرسراوەتیی جەبار فەرمانو لەم ڕووەوە جەعفەر شێخ مستەفا کرایە جێگری. سنوری دەسەڵاتی لەشکری یەك کەتایبەت بوو بەسلێمانی، سنورێکی بەربڵاو بوو، لەزێی بچوکەوە دەستی پێ دەکرد تا نزیك خانەقین. ساڵی ١٩٩٢ پاش پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم، کرایە فەرماندەی لەشکری یەك. ساڵی ١٩٩٢ دوای پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان، کرایە لێپرسراوی فەرماندەیی ناوچەی سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٤ لە سەروبەندی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ، هەندێ ئەرکی عەسکەریی لە کۆیە پێ سپێردراو پاشان ڕەوانەی هەولێر کرا. پاش کشانەوەی تاکتیکیی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور لە ساڵی ١٩٩٦، لە تشرینی یەکەمدا ئۆپەراسیۆنی «گەردەلولی تۆڵە» دەستی پێکردو لەم سەروبەندەدا قۆڵی بەمۆ ـ دەربەندیخان ـ سلێمانی بە جەبار فەرمان سپێردرا کە دەستەیەك کادیری عەسکەریی لەگەڵدا بوو لەوانە جەعفەر شێخ مستەفا. هێزەکانی ئەم قۆڵە دەستێکی باڵایان لە پاککردنەوەی قەڵەمڕەوێکی فراوانی ناوچەکانی دەربەندیخان و قەرەداغ و گەرمیانو زەمینە خۆش کردن بۆ پێشڕەویی هێزی قۆڵەکانی تر هەبوو.

پاش دروست کردنەوەی فەرماندەیی سلێمانی، کرایە لێپرسراوی ئەو فەرماندەییەو لە دامەزراندنی یەکەم کابینەی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کرایە بریکاری وەزیری پێشمەرگە.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە کرایە بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە.

دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥و پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتوی کوردستان، بووە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە. ساڵی ٢٠٠٧ دوای ئەوەی کە وەزارەتی پێشمەرگەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی یەکیان گرتەوە، کرایە وەزیری پێشمەرگە. دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩، لەکابینەی تازەدا لێپرسراوەتیی وەزارەتی پێشمەرگەی پێ سپێردرایەوە. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرایەوە بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتیو پاشان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

لە ساڵانی ٢٠١٤ - ٢٠١٦دا لە سەروبەندی شەڕی دژی تیرۆردا فەرماندەیی یەکەکانی ٧٠ی هێزی پێشمەرگەی کردو لە بەرەکانی باشوری

کەرکوک رۆڵێکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی داعشدا گێڕا. وەک گوزارشتێک لە رۆڵی دیاری لە شەڕی دژی تیرۆردا، رێکخراوی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کە بارەگای سەرەکیی لە شاری دهۆک دایە، لە شوباتی ٢٠١٦دا خەڵاتی ئازایەتی و رێزلێنانی پێ بەخشی.

ساڵی ٢٠١٩ لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لێپرسراوەتیی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتە ئەستۆ و هەر ئەو ساڵە لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی هەڵبژێردرا.

## جەعفەر عەبدولواحید*



ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی مارکسی - لینینیی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی ئەستێرەی سوور. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥ی گەڕەکی بەفری قەندیی شاری کۆیە. دەرچووی بەشی ئینگلیزیی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا. لە سەرەتای لاوێتییەوە وەك ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان تێکەڵ بە ژیانی سیاسەت بووە، لەشۆڕشی ئەیلولیش پێشمەرگە بووە.

ساڵی ١٩٧٠ بەشدار بوو لەو کۆبونەوەیەی کە کۆمەڵەی مارکسی - لینینیی کوردستان تێیدا دامەزرا، دواتریش لێپرسراوێتیی رێکخستنی هەولێری پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٧٤ لە سەروبەندی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، سەرکردایەتیی کۆمەڵە کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی ئەستێرەی سور دامەزراند بۆ سەرپەرشتی کردنی رێکخستنی شارەکان و ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمیتەیەی بە جەعفەر عەبدولواحید سپارد.

لە چوارچێوەی کۆمیتەی ئەستێرەی سوردا، جەعفەر عەبدولواحید سەرباری ئەوەی کە سکرتێری کۆمیتەکە بوو، لێپرسراوی رێکخستنی هەولێرو موسڵیش بوو. پاش ئەوەی کە ئیحسان نەجم محێدین لێپرسراوی رێکخستنی کەرکوك پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد، عەبدولواحید سەرپەرشتی کردنی رێکخستنی کەرکوکیشی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٧٥، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش و گەڕانەوەی سەرکردەکانی کۆمەڵە بۆ سلێمانی، سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەسەڵاتی تەواوی بە کۆمیتەی ئەستێرەی سور داو لە ئاکامدا کۆمیتەکە وەك سەرپەرشتیاری تەونی رێکخستن نەمایەوە، بەڵکو رۆڵی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی بینی.

هەر ئەو ساڵە پاش ئەوەی کە دەزگا ئەمنییەکان شاڵاوێکی گرتن و راوەدونانی ئەندامانی کۆمەڵەیان دەست پێکردو ژمارەیەکی زۆری هێڵەکانی رێکخستنی ئاشکرا بوون و ئەندامانی سەرکردایەتی هەڕەشەی گرتنیان لێ کرا، سەرکردایەتی بڕیاریدا عیراق بەجێ بێڵێ و بچێتە ئێران بەو مەبەستەی کە لەوێوە بگاتە باڵیۆزخانەی سوریا لەتاران و بە هەماهەنگی لەگەڵ سورییەکاندا بگوازرێتەوە بۆ سوریا.

بەم پێیە، لە مانگی ئەیلولدا لەگەڵ هەر یەك لە شەهاب شێخ نوری و فەرەیدون عەبدولقادر و عەلی بچکۆل و عومەر سەید عەلی رووی لە ئێران

کرد، بەڵام هەموویان لەوێ دەستگیر کران و خرانە زیندانی سەقزەوەو دواتر لە سەری ساڵی تازەدا لە ڕێی پێنجوێنەوە رادەستی عیراق کرانەوە.
هاوینی ١٩٧٦ لەگەڵ شەهاب شێخ نوری و ئەنوەر زۆراب دا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر هەرسێکیان لە ٢١ی تشرینی دووەم دا لە زیندانی ئەبوغرێب لەسێدارە دران.

## جەعفەر عەبدولواحید (چاپخانە)

چاپخانەیەکە ساڵی ١٩٨١ وەك بەشێك لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە خڕی ناوزەنگ دامەزراوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢، پاش هەڵوەشاندنەوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەکە درایە کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر لەگوندی وەرتێ.
ئامێرەکانی چاپخانەکە لە ساڵانی ١٩٨١- ١٩٨٢ بریتی بوون لە دوو تایپی ئای بی ئێم، یەك رۆنیۆ، یەك فۆتۆ ستێنسل، یەك کەتەری گەورەو یەك مەکینەی گەورەی دەرزی کە هەر هەمووی لە ئێران کڕدرابوون.
لە وەرتێ چاپخانەکە خرایە گەڕو چەند بەرهەمێکی لێ چاپ کرا لەوانە ٣ ژمارەی گۆڤاری «راپەڕین» یەك ژمارەی گۆڤاری «هەڵوێست»، یەك ژمارەی گۆڤاری نوسەری نوێ، ٣ ژمارەی گۆڤاری «سروشت»، یەك ژمارەی گۆڤاری «ئەستێرە»، شەش ژمارەی گۆڤاری «پێشمەرگە»و چەردەیەك کتێب و نامیلکە.
ساڵی ١٩٨٤ چاپخانەکە گوێزرایەوە بۆ گوندی سێروان لە ناوچەی مەرگەو چەند ئامێرێکی تری بۆ دابین کرا وەك دڤلۆپەر، زیراکسێکی گەورە، رۆنیۆی تاك و دەبڵ و چەند تایپێك، لە حوزەیرانی ١٩٨٥ گوێزرایەوە بۆ دۆڵی جافەتی و بە شێوەیەکی کاتی لە بەرگەڵوو دانراو دواتر برایە کانی شینکەی گوندی یاخسەمەر.
ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕەکانی قەیوان- ماوەت و نزیکبوونەوەی بەرەی شەڕ لە بارەگاکانی سەرکردایەتی و راگەیاندن، بڕیار درا هەندێ لەدەزگاو بارەگاکان ببرێنە دۆڵەکۆگە لەسەر سنوری عیراق- ئێران و لەم سەروبەندەدا لە ئەیلولدا چاپخانەکە پێچرایەوەو بە دۆڵی سەفرە و زەروندا گەیەنرایە گوندی هەرزنە لە کوردستانی ئێران و لەوێوە برایە شاری سەردەشت. دواتر گەیەنرایە گوندی ئاڵوەتان و دەشتی وەزنێ و لەوێوە برایە دۆڵەکۆگە.
لە ئایاری ١٩٨٨دا چاپخانەکە وەك چاپخانەیەکی سەربەخۆ کۆتایی بە ڕاژەی هێنراو خرایە سەر چاپخانەی برایم عەزۆ.
ئەم چاپخانەیە بە درێژایی حەوت ساڵی تەمەنی، چەند لێپرسراوێکی بە خۆیەوە دیوە، ئەویش بەم شێوەیە: لەخڕی ناوزەنگ (١٩٨١- ١٩٨٢): بورهان قانع و فەرید ئەسەسەرد (لە چوارچێوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەدا)، لە وەرتێ (١٩٨٢-١٩٨٤): حاجی مەمۆ (لێپرسراوی راگەیاندنی مەڵبەندی ٣)، لە مەرگە (١٩٨٤- ١٩٨٥): حسێن کەریم (حەمە سەعید)، لە دۆڵی جافەتی (١٩٨٥-١٩٨٦): سامی شۆڕش، لە دۆڵە کۆگە (١٩٨٦-١٩٨٨): زاهیر حەمە تاهیر.
لە مەرگە و دۆڵی جافەتی و دۆڵەکۆگە، چاپخانەکە بەرهەمێکی زۆری چاپ کرد لەوانە ٣ بەرهەمی جەلال تاڵەبانی، چەند نامیلکەیەك دەربارەی شەڕی پارتیزانی و شێوەی خۆپاراستن لەچەکی کیمیایی، ١١ ژمارەی رۆژنامەی شەرارە، چەردەیەك کتێبی سیاسی و مێژوویی بە زمانی

کوردی و عەرەبی، هەندێ بەرهەمی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان، یەك ژمارەی گۆڤاری «هۆرە»، چەند بەرهەمێکی زنجیرەی «کورد لای بێگانە»و هی تر.

**پاشکۆ**

**کادیرەکانی چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید**

١-بەختیار مەلا عیززەت.
٢-هۆشیار عەبدولڕەحمان.
٣-حەمید کۆیی.
٤-عەبدوڵڵا محەمەد.
٥-ئومێد حاجی تۆفیق.
٦-وەهبی رەفیق حەمە رەحیم.
٧-گوشاد عەبدولڕەحمان.
٨-سەلاح پێنجوێنی.
٩-عەبدوڵڵا مەرزانی.
١٠-ئەحمەد حەمە ئەمین.
١١-عەبدولسەلام حەمید عەلی (سیار).
١٢-ئارام ساڵح.
١٣-حسێن کەریم قادر(حەمە سەعید).
١٤-فەرهاد ئیبراهیم.
١٥-جەلیل خانەقینی.
١٦-ستار کەریم.
١٧-ئەرسەلان ئیبراهیم.
١٨-محەمەد ئەمین.
١٩-سامی شۆڕش.
٢٠-مەحمود خۆشناو.
٢١-هۆشیار ئەحمەد.
٢٢-سامان عەبدوڵڵا سەراج.
٢٣-شوان عەبدوڵڵا سەراج.
٢٤-مەوجود سامان.

## جەلال ئیلنجاغی



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە. ناوی تەواوی جەلال خورشید رەشید. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی ئیلنجاغی گەورە لە سنوری ناحیەی تەقتەق. تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندویەتی.

ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٥ پێشمەرگە بووە لە سنوری چۆمان- قەسرێ لە بەتالیۆنی قەندیل لەسەر چەکی دژە ئاسمانی لەسەر چیای مامەڕوت.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٧٨دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٨٢دا بۆتە پێشمەرگە لە سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران بۆ پشتگیری کردنی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە تەنگانەدا بون.

ساڵی ١٩٨٣ کرایە فەرماندەی مەفرەزەو ساڵی ١٩٨٥ پلەکەی بۆ جێگری فەرماندەی کەرت بەرز کرایەوە، لە ساڵی ١٩٨٦دا بووە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ. ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا کرایە فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو لەو ماوەیەدا بە شێوەی پارتیزانی لە ناوچەکە مایەوە. ساڵی ١٩٨٩ هێزەکەی لەسەر سنور لە قاسمە ڕەش و نۆکان گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە

چوار تیپەکەی ٨٥ی بەڕانەتی‌و ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ و ٨٨ی شەمامك یەك تیپیان لێ دروست کراو ئیلنجاغی کرایە فەرماندەی تیپە تازەکە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووەو سێ جاریش بریندار بووە لەوانە جارێك بەچەکی کیمیایی.

لە ساڵی ١٩٩١دا لەڕەوتی خۆسازداندا بۆ راپەڕین، بە فەرماندەیی دەستە پارتیزانەکان گەڕایەوە بۆ سنوری دەشتی هەولێر. پاش راپەڕین، کرایە فەرماندەی بەتالیۆنو دواتر بووە فەرماندەی هێزی ٣ی زورگەزراو.

ساڵی ١٩٩٣ لە سوپای یەکگرتوی کوردستاندا کرایە فەرماندەی لیوای ٤١ی دهۆك. ساڵی ١٩٩٤ کرایە فەرماندەی لیوای کۆیە. ساڵی پاشتر کرایە جێگری فەرماندەی لەشکری ٩ی کۆیە، ماوەیەکیش بە هەمان پلە لە لەشکری هەولێر لە قۆڵەکانی گوێڕو پیرزین خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٩٦ لە کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان خولی فەرماندەیی بینی. هەر ئەو ساڵە پاش رووداوەکانی ٣١ی ئاب، بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەدا کرد. ساڵی ١٩٩٨ بووە جێگری لێپرساوی فەرماندەیی ٢ی هەولێر کە بورهان سەعید سۆفی فەرماندەی بوو.

ساڵی ٢٠٠١ بووە لێپرساوی فەرماندەیی بەڕانەتی. دوای ئەوەی فەرماندەیی بەڕانەتی کرا بەدوو فەرماندەیی، کرایە کارگێڕی فەرماندەییەکانی هەولێر.

پاش کەم کردنەوەی ژمارەی پێشمەرگە دوا بەدوای روخانی رژێمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣، بەبڕیارێکی ساڵی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایە بەڕێوەبەری پۆلیسی شارستانیی هەولێر بە پلەی عەمید. ساڵی ٢٠٠٨ کرایە بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت و گازی هەرێم.

## جەلال تاڵەبانی



دامەزرێنەرو سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆک کۆماری عیراق لە ماوەی ٢٠٠٥ - ٢٠١٤. ناوی تەواوی جەلال حوسامەددین نورولڵا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٣ی گوندی کەڵکان لەبناری چیای کۆسرەت. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی کە بەرەبابێکی هۆزی گەورەی زەنگنەیە. پاش هەڵبژاردنی باوکی بە مورشیدی تەکیەی تاڵەبانیی کۆیە، خێزانەکەی لە کۆیە نیشتەجێ بوو.

ساڵی ١٩٤٦ لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا پەیوەندیی بە ئەڵقەیەکی رۆشنبیریی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد کە فاتیح رەسول سەرپەرشتیی دەکرد، بەڵام هەمووی چەند مانگێکی نەبرد وازی لە ئەڵقەکە هێنا، چونکە رێکخەرەکانی دژی بیروباوەڕی کوردایەتی بوون و باوەڕیان بەوە نەبوو کە کورد نەتەوە پێکدێنێ. دوا بەدوای ئەمە، رووی لەپارتی دیموکراتی کوردستان کردو لە ڕێی عومەر مستەفاوە پەیوەندیی بە ئەڵقەیەکی رۆشنبیریی پارتییەوە کرد. پەیوەندیی رێکخراوەیی و سیاسیی لەگەڵ پارتی، بۆ ساڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك یەکێ لە مامۆستاکانی کە تاهیر سەعیدە و لە ناو حزب لێپرساوی بوو، پلەی ئەندامەتیی تەواوی پێ بەخشی. بۆ ساڵی دواتر، دەستی بەخوێندنی ناوەندی کردو لە ناوەندیی کۆیە لێپرساوەتیی خوێندکارە پارتییەکانی کۆیەی گرتە ئەستۆ. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا سەرپەرشتیی

خۆپیشاندانێکی جەماوەریی لە کۆیە لە دژی واژۆکردنی پەیمانی ساڵی ١٩٤٨ی پۆرتسمۆس کرد. هەر لەو ساڵەدا وەك نوێنەری خوێندکارانی کۆیە بەشداریی لە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی گشتیی خوێندکارانی عیراقدا کرد و هەر لەو کۆنگرەیە بە ئەندامی یەدەك هەڵبژێردرا.

پاش تەواوکردنی قۆناغی ناوەندیی خوێندن، چوو بۆ هەولێرو لەوێ بووە ئەندامی ناوچە. ساڵی ١٩٥١ لە کۆنگرەی دووەمی پارتی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بەڵام لەبەر بچوکیی تەمەنی و سەرقاڵبونی بە خوێندن پۆستەکەی بۆ ئەندامێکی تر بەجێ هێشت.

خوێندنی ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردو ویستی لە کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی بەغدا بخوێنێ، بەڵام داواکەی ڕەت کرایەوە، چونکە دەزگا ئەمنییەکان بەڵگەی پشتگیرییان پێ نەدا. بۆیە رووی کردە کۆلێجی ماف و لە ساڵی خوێندنی ١٩٥٢- ١٩٥٣ وەرگیرا.

ساڵی ١٩٥٣ لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دوای ئەوەی کە داوای لێ کرا بکەوێتە گەڕ بۆ دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لە مانگی شوباتدا ئەو یەکێتییەی دامەزراند و خۆیشی بوو بەسکرتێرەکەی. ساڵی ١٩٥٥ لە چوارچێوەی شاندی خوێندکاران و لاوانی عیراق، بەشداریی لە کۆنگرەی لاوانی جیهان لە وارشۆی پایتەختی پۆلۆنیا کردو لەوێ هەڵمەتێکی بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد دەست پێکرد. هەڵسوڕانی لە پۆلۆنیا سەرنجی چینییەکانی راکێشا، بۆیە هەر لەوێ بانگهێشتنامەیەکی فەرمییان پێشکەش بەم و ئەندامێکی عەرەبی شاندەکەی عیراق کرد. هەردوو بانگهێشتکراوەکە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری لاوانی بانگهێشتکراوی وڵاتانی جیهان بە شەمەندەفەر بەناو خاکی یەکێتیی سۆڤێتدا بەرەو چین بەڕێ کەوتن.

لەڕێگا بیری لەوە کردەوە کە ڕێوشوێنێك بدۆزێتەوە بۆ بینینی سەرۆکی پارتی، مەلا مستەفا بارزانی، کە ئەوسا لە روسیا پەنابەری سیاسی بوو. لە پەکین نامەیەکی دوورو درێژی بۆ نوسی و لەگەڕانەوەدا بۆ مۆسکۆ، نامەکەی لەگەڵ خۆیدا بردو لەوێ تەواوی کرد. لە مۆسکۆ هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی بارزانی هیچیان لێ هەڵنەوەری، بەڵام توانی نامەکە رادەستی بێژەرێکی عەرەبی عیراق بکا کە لە رادیۆی عەرەبیی مۆسکۆ کاری دەکرد تاکو بیگەیەنێتە دەستی بارزانی. پاش گەیشتنی نامەکە، هەندێ ڕێنمایی بارزانیی لە ڕێگەی هەڵگری نامەکەوە پێ گەیی و هەروەها ئەدریسی کەسێکی ئێرانیی نیشتەجێی ئەڵمانیای رۆژئاوای پێ درا تاکو نامەی بۆ بنوسێ و ببێ بەپردێك لە نێوان بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی لە ناوخۆی وڵات.

پاش گەڕانەوەی، دەزگا ئەمنییەکان هەندێ کێشەیان بۆ دروست کرد، بەڵام نەیانتوانی هیچی لەسەر ساغ بکەنەوە.

ساڵی ١٩٥٦ پاش بەشداری کردنی لە خۆپیشاندانەکانی دژ بەهێرشی ئیسرائیل و بریتانیاو فەرەنسا بۆ سەر میسر، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچوو. هاوکات، لەسۆنگەی زۆریی رۆژانی ئامادە نەبوونی لە زانکۆ و بەگومانی ئەوەی کە ئەندامە لە ڕێکخراوی لایەنگرانی ئاشتیی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عیراق، خوێندنی لە کۆلێجی ماف لێ قەدەغە کرا. لەو کاتەدا لە قۆناغی چوارەمی خوێندن و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو.

ساڵی ١٩٥٧ وەك سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لە چوارچێوەی شاندی عیراق، بانگهێشت کرا بۆ بەشداری کردن لە فیستیڤاڵی لاوان و

خوێندکارانی جیهان له مۆسکۆ. لەوێ بۆ یەکەم جار چاوی بە مەلا مستەفا بارزانی کەوت و چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵدا سازکرد. ئەو کۆبوونەوانە یەکەم کۆبوونەوەی بارزانی بوون وەك سەرۆکی پارتی، لەگەڵ سەرکردایەتیی ناوخۆدا.

پاش روخانی رژێمی پاشایەتی و راگەیاندنی کۆمار لە عیراق لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، گەڕایەوە بۆ خوێندن لە کۆلیجی ماف و ساڵی دواتر خوێندنی تەواو کردو پاشان چوو بۆ خزمەتی سەربازی. لەوێ رەوانەی کۆلیجی ئەفسەرانی یەدەك کرا. پاش تەواوکردنی خوێندن لەو کۆلیجە، کرایە مامۆستای وانەی یاسا لە کۆلیجی سەربازی و لەوێوە، لەسەر داوای خۆی، بۆ خوێندنگەی هێزی زرەیی گوێزرایەوە. پاش سێ مانگ، خوێندنی تەواو کردو کرایە ئەفسەری یەدەك لە بەتالیۆنی ٤ی تانك. لەم سەروبەندەدا لە کۆنگرەی چوارەمی پارتیدا کە لە بەغدا بەسترا، سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوەو دواتریش کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەڵام هەڵبژاردنی بە ئەندامی سەرکردایەتی رانەگەیەنرا چونکە لەو کاتەدا ئەفسەر بوو لە سوپای عیراق. پاش کۆنگرە، سەرکردایەتیی پارتی داوای لە سەرەك وەزیران عەبدولکەریم قاسم کرد ئیعفای بکا لە خزمەتی سەربازی. دوای ئەوە گەڕایەوە ناو ژیانی مەدەنی و لەو ماوەیەدا هەم لە رۆژنامەی «خەبات» دا کاری کرد هەم ژیانی پیشەیی خۆی وەك پارێزەر دەست پێ کرد. بەڵام ژیانی وەك پارێزەر زۆر کورت بوو، چونکە دوو جار لە ژیانیدا پارێزەریی کردووە: یەکێکیان لەساڵی ١٩٦٠، کاتێك سکرتێری پارتی، برایم ئەحمەد، وەك سەرنوسەری رۆژنامەی «خەبات» دەستگیر کراو تاڵەبانی و چەند پارێزەرێکی دیکە کەوتنە بەرگری کردن لێی و ئەوی تر کاتێك لە دادگا کێشەی ململانێی نێوان کرێکاران و کۆمپانیایەکی گرتە ئەستۆو تێیدا پشتگیریی لە کرێکارەکان کرد.

ساڵی ١٩٦١ لێپرسراوەتیی سەرنوسەری رۆژنامەی «کوردستان»ی گرتە ئەستۆ کە بە زمانی کوردی لە بەغدا دەردەچوو و خاوەنی ئیمتیازەکەی برایم ئەحمەد بوو. هەر لەو ماوەیەدا تۆمەتی ناوزڕاندنی حکومەتی خرایە پاڵ و فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو، بۆیە خۆی شاردەوەو گەڕایەوە بۆ سلێمانی. لەوێ بەردەوام بوو لەسەر چالاکییە سیاسییەکانی و بەشداریش بوو لە جموجوڵێکی مەدەنییانە لە دژی رەفتاری خراپی حکومەت.

پاش زیاتر گرژبوونی پەیوەندیی نێوان عەبدولکەریم قاسم و پارتی دیموکراتی کوردستان، دەرکەوت کە بەغدا هیچ بەرنامەیەکی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد نییە. ساڵی ١٩٦١ خێڵەکان یاخیبوونی گەورەیان لە دژی قاسم بۆ رێگرتن لە جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ ساز کردو قاسم فڕۆکەی جەنگیی ناردە سەریان و دەربەندیخان و دەربەندی بازیانی بۆردومان کرد.

له کۆتایی ١٩٦١ پارتی هەڵوێستی خۆی لەم بارەیەوە یەکلا کردەوەو بڕیاریدا یاخیبوونە خێڵەکییەکە بکاتە شۆڕشێکی نەتەوەیی. بە کردەوە، پارتی لە ساڵی دواتردا خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی قاسم دەست پێکرد. لەو ماوەیەدا تاڵەبانی لەچەمی رێزان چالاکییەکانی خەباتی چەکداری هەڵسوڕاند، سەرکردایەتیی هێزی رزگاریی کردو رابەرایەتیی شەڕەکانی شارباژێڕو پێنجوێن و چەمی رێزانی کرد.

پاش روخانی حکومەتی قاسم و هاتنە سەر کاری بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٣دا، خۆی و ساڵح یوسفی وەك نوێنەری پارتی، لە بەغدا کەوتنە وتووێژ لەگەڵ سەرکردە تازەکان بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.



هەر ئەو مانگە سەردانی میسری کرد بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگەکانی یەکگرتنی میسر و سوریاو لەوێ چاوی بە سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر کەوت و مەسەلەی داواکردنی ئۆتۆنۆمیی بۆ روون کردەوە. لە میسرەوە چوو بۆ جەزائیرو لەوێ لەگەڵ شاندی عیراق چاوی بە سەرۆك بن بیللا کەوت و دواتر گەڕایەوە بۆ میسرو دیسان چاوی بەسەرۆك عەبدولناسر کەوت.

پاش ئەوەی بەغدا لە سەلماندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان پەشیمان بۆوەو لەبری ئۆتۆنۆمی، پرۆژەی فراوانکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکانی پێشنیار کرد، ئەندازەی گرژیی نێوان کوردو بەغدا زیادی کرد. لە کاتێکدا کە تاڵەبانی لە لوبنان بوو. بەغدا هەموو ئەندامانی شاندی کوردی گرت و لە ١٠ی حوزەیراندا هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان.

ساڵی ١٩٦٤ پاش ئاگربڕی نێوان شۆڕش و حکومەتی عەبدولسەلام عارف کە توانیبووی کودەتا بکاو بەعسییەکان لەسەر کار لادا. قەیرانی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان باڵی مەلا مستەفا بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی بە سەرکردایەتیی برایم ئەحمەد دەستی پێکرد. تاڵەبانی پشتگیریی لە باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. پاش ئەوەی کە هێزەکانی بارزانی پەلاماری هێزەکانی مەکتەبی سیاسییان دا لە ماوەت، هێزەکانی مەکتەبی سیاسی کشانەوە بۆ ناو ئێران و لە هەمەدان گیرسانەوە. پاش ماوەیەك باڵی مەکتەبی سیاسی گەیشت بە ڕێککەوتنێك لەگەڵ مەلا مستەفادا و ئەندامەکانی دەستبەرداری هەموو لێپرسراوەتییەکانیان بوون و وازیان لە هەڵسوڕانی سیاسییان هێنا. بەڵام پاش زیادبوونی گوشار لەسەر باڵی مەکتەبی سیاسی و پەرەسەندنی مەترسیی لەناوبردنی جەستەیی ئەندامەکانی، باڵی مەکتەبی سیاسی لە ساڵی ١٩٦٦دا گەیشت بە ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی عیراق کە بە هۆیەوە حکومەت ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسیی ئاشکرای لە شارەکان بۆ باڵی مەکتەبی سیاسی سەلماند.

پاش راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ لە لایەن سەرۆکی کۆماری عیراق ئەحمەد حەسەن بەکرەوەو ئاشتبونەوەی باڵی مەلایی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عیراق، چارەنوسی باڵی مەکتەبی سیاسی کەوتە دۆخێکی نالەبارەوە کە پێویستی بە یەکالاکردنەوە بوو. هێشتا رای تاڵەبانی لەم بارەیەوە یەکانگیر نەبوو. بەڵام

بۆچونێکی زاڵ لە ناو ئەندامانی باڵەکەدا هەبوو کە حزب لە قەیران و گێژاوێکی دژوار دایە. لەم سەروبەندەدا لە رەوتی گەڕاندا بە دوای دەریچەی گونجاوداو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەگەری دۆخی پێشبینی نەکراو، بیرۆکەی پێکهێنانی رێکخراوێکی چەپ، جیاواز لە هەردوو باڵی مەلایی و جەلالیی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەروەها جیاواز لە هەردوو باڵی کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، هاتە ئاراوە. یەکەم کۆبونەوە بۆ تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە لە حوزەیرانی ١٩٧٠ دا، پاش سێ مانگ لە راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ی ئازار، بە بەشداریی تاڵەبانی، لە بەغدا بەستراو تێیدا بڕیار درا رێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕی نهێنی بە ناوی کۆمەڵەی مارکسی لینینییەوە دابمەزرێ. هەرچەند هیچ ریزبەندییەك لە لێپرسراوەتییەکانی رێکخراوەکەدا نەبوو و هەروەها کۆمیتەیەکی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراویش نەبوو، بەڵام لە رێکخراوەکەدا تاڵەبانی بە دامەزرێنەرو سەرۆك دادەنـدرێ. لە هەمان کاتدا ئەو لەبەر هەلومەرجی قـۆنـاغـە سیاسییەکە، نـەیـدەتـوانـی سەرپەرشتیی کاروباری رێکخراوە نهێنییەکە بکا، بەتایبەتی کە ئەو تا ئەو کاتە هێشتا ئەندامی سەرکردایەتیی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بـوو. بۆیە، لە دورەوەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، سەرپەرشتیی رێکخراوەکەی کردو تەواوی ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی رێکخراوە نهێنییەکەی بۆ شەهاب شێخ نوری هێشتەوە.

لە یەکەم دیداری لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی پاش لەتبونە گەورەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارزانی پێشنیاری کرد هەردوو باڵ یەك بخرێنەوە کە ئەمەش بە واتـای هەڵوەشاندنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی دەهـات. لەم دیـدارەدا کە لەگەڵاڵە بەڕێوە چوو، تاڵەبانی وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی سەبارەت بە تێکەڵ کردنەوەی هەردوو باڵ نەدایەوە، هەرچەند بارزانی بەڵێنی دابوو مەکتەبێکی سیاسیی تازە لە ئەندامانی هەردوو باڵ پێك دێنێ. لەو کاتەدا تاڵەبانی مانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پێ باش بوو، بەڵام لە رەوتی گفتوگۆکەدا دەرگای لەسەر پەسندکردنی یەکخستنەوەی حزب دانەخست.

لە کۆتایی هەمانساڵدا باڵی مەکتەبی سیاسی کۆنـگـرەی بـەسـت و مـەسـەلـەی یـەکـلاکـردنـەوەی چارەنوسی حزبی تاوتوێ کرد. لە کۆنگرەدا دوو رای جـیـاواز هاتنە ئـاراوە. رای یـەکـەم لـەگـەڵ یەکخستنەوەی هـەردوو بـاڵـدا بـوو، لـە کاتێکدا رای دووەم دژی یەکخستنەوە وەستایەوە. زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە لەوانە تاڵەبانی پشتیوانییان لە پرنسیپی یەکخستنەوە کرد. دواتر بڕیاری دانوستان بۆ دیاریکردنی میکانیزمەکانی یەکخستنەوەی هەردوو باڵ دراو لەم سەروبەندەدا دانیشتنەکانی کۆنگرە بە کراوەیی هێڵدرانەوە تا ئەو کاتەی دانوستانەکە بـە ئەنجامی کۆتایی دەگـات. پـاش رێککەوتن لـەسـەر وردەکـاریـیـەکـانـی یەکخستنەوەی هـەردوو بـاڵ، لە دەستپێکی ساڵی ١٩٧١ کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کـردەوە و کۆتا بڕیاری بە قازانجی یەکخستنەوە بە زۆرینەی رەها دا، بەڵام ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی کۆنگرە لەوانە تاڵەبانی دژی یەکخستنەوەی هـەردوو باڵ دەنگیان دا. تاڵەبانی تازە لە میسر گەڕا بۆوە، رای لەسەر یەکخستنەوەکە گۆڕا بوو.

بە پێچەوانەی ئەو رێککەوتنەی کە لە سەروبەندی یەکخستنەوەی هەردوو باڵدا کرابوو و دەبوایە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ساڵێکدا کۆنگرەی نـوێـیـەم ببەستێ، کۆنگرە نەبەستراو لـە ئەنجامدا پێکهاتەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان

تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهات.

ساڵی ١٩٧٢ تاڵەبانی کوردستانی بەجێ هێشت و لە لوبنان گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەلەستینییەکان پەرە پێ دا، بەتایبەتی لەگەڵ بەرەی رزگاریی گەلی فەلەستین بە سەرکردایەتیی جۆرج حەبەش.

لە ئازاری ١٩٧٥دا، لە سەروبەندی گەیشتنی عێراق و ئێران بە رێککەوتنی تەواو لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوری نێوانیان و توندوتۆڵ کردنی ئاسایشی سنور و راگەیاندنی رێککەوتننامەی جەزائیر، تاڵەبانی وەك ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە عەرەبییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە قاهیرە دەژیا. ئەوەندەی کە لە توانایدا بوو، هەوڵیدا سەرکردایەتیی شۆڕش بباتە سەر ئەو باوەڕەی کە هێشتا دەرفەت بۆ بەرگری و خۆڕاگرتن هەیە و ئەوەشی کرد بە بەڵگە کە نوێنەرێکی یەکێتیی سۆڤێت ئامادەیی دەربڕیوە بۆ پشتگیری کردنی خەباتی کورد بەو مەرجەی کە درێژە بە شۆڕش بدرێ.

سێ مانگ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە سوریا دامەزراند. لەم سەروبەندەدا لە ساڵی ١٩٧٥دا توانی دوو هەنگاوی گرنگ بۆ سەقامگیرکردنی پێگەی یەکێتی بنێ. یەکێکیان، هێنانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانە بۆ ناو یەکێتی و ئەوی تر بردنی یەکێتییە بۆ ناو کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق کە هاوپەیمانییەکی سیاسیی دژ بەرژێمی بەعس بوو.

پاش سازکردنی پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، لەئابی ١٩٧٧دا گەڕایەوە بۆ کوردستان، ئەرکی رابەرایەتی کردنی شۆڕشی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٠ کاتێك عیراق هێرشی کردە سەر ئێران، دژی ئەم سیاسەتە شەڕخوازییەی عیراق وەستاو هەمان ساڵ بەشداری لە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی نەتەوایەتیی دیموکراتی عیراق کرد کە لە ٨ گروپ پێکهاتبوو و ئامانجەکەی روخاندنی رژێمی بەعس بوو.

ساڵی ١٩٨٤ پرۆسەی وتوویژی لەگەڵ رژێمی بەعس دەست پێکرد، بەڵام پاش بێ ئومێد بوون لەگەیشتن بەرێککەوتنێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، لە ناوەڕاستی کانونی دووەمی ١٩٨٥دا هەڵوەشانەوەی وتوویژی راگەیاند. هەر ئەو ساڵە، دوای ئەوەی کە ئێرانییەکان ئامادەیی ئەوەیان دەربڕی کە هەڵوێستیان بەرامبەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راست دەکەنەوەو خوازیاری ئاشتبوونەوە و هاریکارین، بەپیریانەوە چوو و پشتیوانیی لە چاککردنی پەیوەندیی نێوان یەکێتی و ئێران کرد. لە ساڵی ١٩٨٦دا پەیوەندییەکان پەرەیان سەندو گەیشتنە ئاستی هاوپەیمانی لە دژی رژێمی بەعس. لێرە بەدواوە کەوتە کارکردن بۆ یەکخستنەوەی ناو ماڵی کوردو پرۆژەی ئاشتبوونەوەی گشتیی پێشنیار کردو بەم پێیە هەوڵ جار ئاشتبوونەوەی لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا بە ئەنجام گەیاند، پاشان لەگەڵ پاسۆك و دواتر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان. لە کۆتاییشدا لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق. ئەم ئاشتبوونەوە گشتییە بووە هەوێنی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کە ساڵی ١٩٨٨ لە نێوان لایەنە کوردستانییەکان هاتە کایەوە.

پاش راپەڕینی ١٩٩١، سەرۆکایەتیی شاندی بەرەی کوردستانیی کرد لە وتوویژدا لەگەڵ رژێمی بەعس بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیموکراتییانەو دادپەروەرانە بۆ مەسەلەی کورد، بەڵام پاش ئەوەی کە بێ ئومێد بوو لە توانای رژێمی بەعس بۆ سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، دژی ئەوە وەستایەوە کە

ڕێککەوتنێکی کرچ و کاڵ و نامسۆگەر لە نێوان کوردو ڕژێمی بەعسدا واژۆ بکرێ. بە هۆی بوونی دوو بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدادا، بڕیار درا هانا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان ببرێ.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناو دواتر پێکەوە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێکهێنا. لە کۆنگرەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە سەلاحەددین، تاڵەبانی ڕۆڵێکی سەرەکیی لە بەڕێوەچوونی ئەجێندای کۆنگرەکەدا گێڕا و بەشدار بوو لە هاندانی کۆنگرە بۆ پەسندکردنی فیدرالیزم وەك شێوازێکی حوکمڕانی لە عیراقی ئایندەدا. دوا بە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا، هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بۆ گێڕانەوەی ئاشتی بۆ کوردستان و پشتیوانیی لە هەوڵەکانی ئەمریکاو بریتانیاو فەرەنساو ئێران و تورکیا کرد بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی. ساڵی ١٩٩٨ بە سەرپەرشتیی ئەمریکا، ڕێککەوتننامەی واشنتۆنی لەگەڵ مەسعود بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆ کرد. دوا بە دوای ئەمە هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە لە کوردستاندا.

پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، بە ئەندامی ئەنجومەنی حوکم هەڵبژێردرا و هەر ئەو ساڵە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی حوکمڕانی کرد. لە نیسانی ٢٠٠٤دا لە لایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقەوە وەك سەرۆکی کۆماری عیراق لە قۆناغی ڕاگوزەر بۆ ماوەی یەك ساڵ هەڵبژێردرا. لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٦دا لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە بە سەرۆکی کۆمار بۆ ماوەی چوار ساڵ




هەڵبژێردرا و بووە یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراو لە مێژووی عیراقدا.

ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێککەوتننامەی ستراتیجیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆ کرد.

لە تەموزی ٢٠٠٨دا لە بیست و سێهەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال بە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا و لە ساڵی ٢٠١٠دا بۆ جاری دووەم لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری عیراق هەڵبژێردرایەوە.

لە تافی لاوێتیدا تاڵەبانی لەو بڕوایەدا بوو کە مەسەلەی کورد لە عیراقدا، بە بێ ڕزگارکردنی عیراق لە دەسەڵاتی هێزە کۆلۆنیالەکان و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نیشتمانی، چارەسەر ناکرێ. لەم سەروبەندەدا خەباتی نەتەوایەتیی کوردی بە

ململانێی جیهانیی نێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداریی جیهانییەوە بەستەوەو لەسەر ئەو باوەڕە گیرسایەوە کە دەبێ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد تێکهەڵکێشی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جیهان بێ و بەشدار بێ لە خەباتدا لە دژی رۆژئاوای ئیمپریالیست. ئەم تێڕوانینە، ئیلهامبەخشی تێزی «کوردایەتیی پێشکەوتنخواز» بوو کە تێیدا بزوتنەوەی کوردایەتی لە پاڵ ناوەڕۆکە سیاسییەکەی ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیی دەبێ، لە تەنگبینیی نەتەوەیی دور دەکەوێتەوە و رایەڵەیەکی بەهێز لە نێوان خەباتی نیشتمانی (کوردایەتی لە دژی زەوتکەرانی مافە نەتەوەییەکان) و نێوان خەباتی چینایەتی (کوردایەتیی هەژارە چەوساوەکان لە دژی زەوتکەرانی مافە چینایەتییەکان) دروست دەکا.

تاڵەبانی لەو بڕوایەدا بوو کە دەتوانرێ مەسەلەی کورد لە هەر وڵاتێکدا کە کوردی تێدا دەژی، لە ڕێی ئۆتۆنۆمییەوە چارەسەر بکرێ. بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان بە دواوە ئەم تێڕوانینەی هەموار کردەوەو چووە سەر ئەو باوەڕەی کە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی سیستمێکی ناوەندیدا مەسەلەی کوردی پێ چارەسەر ناکرێ و زۆرتر بە لای ئەوەدا دایشکاند کە فیدرالیزم چانسێکی باشتر بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، دابین دەکات.

تاڵەبانی پەیوەندییەکی بە هێزی لەگەڵ بزوتنەوەی چەپی عەرەب لە عیراق و سوریاو لوبنان و میسر دامەزراند، پشتگیریی خەباتی فەلەستینییەکانی لە دژی ئیسرائیل کردو پەیوەندیی دۆستایەتیی لەگەڵ سەرکردە چەپەکانیان، لەوانە نایف حەواتمەو جۆرج حەبەش، دامەزراند. هەروەها بە ڕێزەوە دەیڕوانییە هەوڵەکانی سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر بۆ یەکخستنی جیهانی عەرەب لەسەر بنچینەیەکی پێشکەوتنخوازانە، تەنانەت دژی ئەوەش نەبوو عیراق پەیوەندی بە دەوڵەتێکی پانوپۆڕی عەرەبییەوە بکا بەو مەرجەی کە کورد تێیدا هەموو مافە خوازراوەکانی خۆی وەرگرێ. هەر لەم سەروبەندەشدا پشتیوانیی لە سیاسەتی دەرەوەی سوریای سەردەمی سەرۆك حافز ئەسەد کردووەو پێی وا بووە ئەم سیاسەتە لەگەڵ پێداویستییەکانی خەبات لە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی و پاشکۆکانی گونجاوە.

لە هەڵسوکەوت و هاوپەیمانییە سیاسیەکاندا، تاڵەبانی زۆرتر بە لای پڕەگماتیزم دا دایشکاندۆتەوە، خۆی بە هەڵوێستی یەکجارەکی و دەقی ئامادەو فەرمییەوە نەبەستۆتەوە، لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە سیاسییەکاندا میکانیزمی خێرا و گونجاوی بەکار هێناوەو چارەسەری میانڕەوانەو ئاشتییانەی پێشنیار کردووەو بە دەگمەن خۆی بە دانانی پلان و بەرنامەی ستراتیجییەوە سەرقاڵ کردووە.

لە ژیانی سیاسیی تاڵەبانیدا دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە گەورەترین رووداو دەژمێردرێ. لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە تاڵەبانی خۆی نوسیویەتی، روخسارە بنەڕەتییەکانی ئەو کاتەی جیهانبینیی تاڵەبانی رەنگی داوەتەوە. پاش دامەزراندنی یەکێتی، تاڵەبانی بەو هیوایەوە بوو کە بتوانێ خەباتی چەکدار، لە قۆناغی پاش رێککەوتننامەی جەزایرو هەرەس هێنانی شۆڕش، زیندوو بکاتەوە. بەڵام ئەم پڕۆژەیە ژمارەیەکی زۆر نەیاری هەبوو، لە سەروی هەموویانەوە رژێمی بەعس لە عیراق و رژێمی شا لە ئێران کە زوو دەستیان بە هاوکاری کردنی یەکتری لە دژی پڕۆژەکە کرد. سەرەڕای ئەو دژوارییانەی کە هاتنە بەر رێی، پڕۆژەکەی تاڵەبانی خۆی راگرت و بەردەوام بوو.

وەك چەپێکی شۆڕشگێڕ، تاڵەبانی لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم کەوتە ژێر کاریگەریی



ئەندێشەکانی رابەری گەورەی چین ماو تسی تۆنگ، ئەزمونی چینی بە ئەزمونێکی پێشەنگ دایە قەڵەم و لەم چوارچێوەیەدا بەو چاوە سەیری سیاسەتی پەیڕەوکراوی یەکێتیی سۆڤیێتی کرد کە سیاسەتێکی بەرژەوەندخوازەو لەگەڵ پێداویستییەکانی جۆش سەندنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جیهان لە دژی ئیمپریالیزم ناگونجێ. تاڵەبانی بە هیچ شێوەیەك باوەڕی بە دیموکراسیی لیبرال نەبوو و باوەڕی وا بوو کە دیموکراسیی گەلی و دیموکراسیی سازان باشترو گونجاوترن، بۆیە هەمیشە کاری بۆ ئەوە کردووە کە لایەنە سیاسییە نیشتمانییەکان بەرەی سیاسی پێك بێنن و بۆ بەدی هێنانی ئەرکە سیاسییە خوازراوەکان لەگەڵ یەکتریدا بسازێن و بەرنامەی هاوبەش دابنێن، هەم لە کوردستاندا هەم لەسەر ئاستی عیراق. تاڵەبانی لەو بڕوایەدا بوو کە سۆسیالیزم هۆکارێکە بۆ بەدی هێنانی دادپەروەری و یەکسانی و چاك کردنی گوزەرانی هەژاران، بەڵام لەم بوارەدا زێدەڕۆیی نەدەکرد و توندڕەویی نەدەنواند و پێی وابوو پەرەپێدانی کەرتی گشتی و ئابوریی ئاراستەکراو لێی رادەبینرێ بتوانێ ئامانجەکانی سۆسیالیزم وەدی بێنێ. پاش هەرەس هێنانی بلۆکی رۆژهەڵات و شکستی ئەزمونی سۆسیالیزمی سۆڤیێتی، پێداچونەوەی بە بیرو بۆچونەکانیدا کرد، مەیلی بە لای بیروباوەڕی سۆسیال دیموکراسیدا پەیدا کرد کە جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ بیرو بۆچونە پێشینەکانی نەبوو و کاری بۆ ئەوە کرد کە حزبەکەی ببێتە ئەندام لە ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ بەدی هێنانی ئاشتبونەوەی گشتی لە کوردستان خستە گەڕ، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە بناغەی سەرەکیی ئاشتی و سازان لە کوردستان دەوەستێتە سەر هێنانە دیی پەیوەندییەکی بنیاتنەر لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی



دیموکراتی کوردستان، بۆیە هەموو قورسایی خۆی خستە سەر ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ پارتی لەسەر بناغەیەکی تازە ڕێك بخاتەوە. ئەم هەوڵەی و سەرکەوتنی لەم بوارەدا، هاندەرە بۆ ناساندنی وەك ئەندازیاری سەقامگیری لە کوردستاندا، هەرچەند ئەم سیاسەتە وای کرد زیاد لە پێویست نەرمی بنوێنێ و ئەو نەرمی نواندنەش لە بەرەنجامی کۆتاییدا لە لایەن پارتییەوە بۆ خۆ بەهێزکردن و بەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوت قۆزرایەوە. لەسەر ئاستی عیراق، تاڵەبانی بە شێوەیەکی لێبڕاوانە پشتیوانیی لە پرۆژەی بنیاتنانەوەی عیراق لەسەر بنەمای دیموکراتی- فیدرالی کردو پەیوەندیی بە هێزی لەگەڵ هێزە عیراقییە سوننی و شیعییەکان دامەزراند. ماوەی دەستبەکاربونی وەك سەرۆکی کۆمار لە عیراق، لە سۆنگەی تێکچونی باری ئاسایش و زیادبونی کردەوە تیرۆریستییەکان و ئاڵۆزیی هەلومەرجی گشتییەوە، ماوەیەکی ئێجگار سەخت و دژوار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تێیدا سەرکەوتوو بوو لە چەسپاندنی مافەکانی کورد لە دەستوری هەمیشەیی و پاراستنی پرۆسەی سیاسی لە هەرەس هێنان. لەو ماوەیەدا پێگەیەکی بە هێزی بۆ کورد لە عیراق دروست کرد. هەرچەند باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە کورد لە عیراقدا مافی چارەی خۆنوسینی هەیە، بەڵام ئەم مەسەلەیەی بۆ کاتێکی گونجاوتر هێشتەوەو هیچ هەڵپەیەکی لەم بارەیەوە نەنواند. لەکار نەمانی کتوپڕی، بۆشاییەکی گەورەی لە عیراق و کوردستان و لە ناو حزبەکەی خۆی بەجێ هێشت.

قۆناغی کۆتایی ژیانی بە نەخۆشی بەسەر برد. سەرەڕای نەخۆشییەکەی، هەر بەردەوام بوو لەسەر بەڕێوەبردنی ئەرکە حزبی و حکومییەکانی. لە ۲۱ی ئەیلولی ۲۰۱۲دا بۆ دوایین جار لە ژیانیدا، لە دەباشان، لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆ

بۆوە. لە ٢٤ی ئەیلولدا لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان گەیشت بە سازان سەبارەت بە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێویستیی ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی لە کوردستان، هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستورو چەسپاندنی بنەماکانی سیستمی پەرلەمانی لە کوردستان.

لە ١٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١٢ دا لە بەغدا نەخۆشی تینی بۆ هێناو بە پەلە گەیەندرایە نەخۆشخانەی شاریتە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا. لە ١٩ی تەموزی ٢٠١٤دا گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە دەباشان گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا نەخۆشی ڕێی پێ نەدا بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکات.

لە ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧دا، پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، لە بەرلین کۆچی دوایی کرد. لە ٦ی تشرینی یەکەمدا تەرمەکەی بۆ سلێمانی هێنرایەوەو لە مەراسیمێکی شکۆمەندا لەگردی دەباشان بە خاك سپێردرا.

تاڵەبانی یاداشتەکانی خۆی نەنوسیوە، بەڵام لە زۆر بۆنەداو لە ژمارەیەك چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا باسی وێستگە گرنگەکانی ژیانی سیاسیی خۆی کردووە، لەوانە چاوپێکەوتنێکی دورو درێژی ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ ڕۆژنامەنوس موعەد فەیاز کە بەش بەش بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی «شەرقی ئەوسەت» ی لەندەنی بڵاوکراوەتەوە. هەروەها چاوپێکەوتنێکی تری دورو درێژ لەگەڵ سەلاح ڕەشید کە ساڵی ٢٠١٧ لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «دیداری تەمەن» بڵاوکراوەتەوە و دواتر لە ساڵی ٢٠١٨ دا شێرزاد شێخانی وەری گێڕایە سەر زمانی عەرەبی و لە بەیروت چاپی کرد و هەر ئەو ساڵە لە بەغدا لە ڕۆژنامەی «سەباحی جەدید» بەش بەش بڵاوکرایەوە.

## جەلال حاجی*



فەرماندە. ناوی تەواوی جەلال حەمەد ئەمین ئەحمەد. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤ی گوندی گەڵاڵە لە ناوچەی باڵەکایەتی. خوێندنی تا ناوەندی لەگەڵاڵە تەواو کردووە.

ماوەیەك بەر لەوەی کە ببێ بە پێشمەرگە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە ساڵی ١٩٨٠دا ڕووی کردە شاخ و بووە پێشمەرگە لە هەرێمی ٧ی باڵەك. ساڵی ١٩٨٣ بووە فەرماندەی مەفرەزەو دواتر کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی ٥ی گەڵاڵە و لە ساڵی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی کەرتی ٥ی تیپی ٧٨ی کاروخ و هەر لەو ساڵەدا کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەك.

ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕەکانی دۆڵی جافەتی، لەگوندی خوڕخوڕە بە سەختی بریندار بوو، هەر بۆیە بە پەلەپروزێ بە هەلیکۆپتەری ئێرانی ڕەوانەی ئێران کرا. دوای چاکبوونەوەی، گەڕایەوە بۆ سنوری تیپەکەی و بەشداریی لە هەموو شەڕەکانی سنورەکەی کرد.

دوای ئەنفالەکان، بوو بە سەرپەرشتیاری چەند یەکەیەکی پارتیزانی لە سنوری چالاکیی تیپی ١٩ی کۆڕەك. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵێکی کارای لەڕزگارکردنی ناوچەکاندا گێڕاو بەشداریی لە ڕزگارکردنی کەرکوکدا کرد و لەو ئۆپەراسیۆنەدا بریندار بوو.

لە سەردەمی بەرەی کوردستانیدا لە ساڵی ١٩٩١ بووە لێپرسراوی بەتالیۆنی ٢٣ی زۆزك و هەر ئەو ساڵە بووە فەرماندەی هێزی زۆزك. ساڵی ١٩٩٣ کرایە

جێگری لیوای ٣٣ له سوپای یەکگرتووی کوردستان. له سەرەتای ساڵی ١٩٩٤دا کرایه کارگێڕ لەمەڵبەندی ڕێکخستنی سۆران.

له شەڕی ناوخۆدا کرایه لێپرساوی قۆڵی باڵەکایەتی و له ساڵی ١٩٩٥دا له شەڕەکانی قەسرێ به سەختی بریندار بوو. دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ مەرگدا شەهید بوو.

## جەلال کەریم عیسا

پێشمەرگەی دێرین و کادیری ڕێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی هۆمەرامانی ناوچەی قەرەداغ.



خوێندنی سەرەتایی له سەنگاو، ناوەندیی له کەرکوك و ئامادەیی ئیسلامیی له هەولێر تەواو کردووەو پاشان له پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر خوێندویەتی.

ساڵی ١٩٧٦ له هەولێر له ڕێی کۆسرەت ڕەسول عەلییەوە پەیوەندیی به ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردوەو هەر ئەو ساڵە لەگوندی کرپچنەی سەنگاو به مامۆستا دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٨ گوێزرایەوە بۆ کەرکوك و لەوێ پێنج هێڵی ڕێکخستنی لەچەمچەماڵ، کەلار، سەنگاوو کەرکوك دروست کرد. ساڵی ١٩٧٩ به هۆی حەمە ڕەش کەسنەزانیی برایەوە که پێشمەرگە بوو، فشاری دەزگا ئەمنییەکان لەسەر خانەوادەکەی زیادی کردو گەیشتە ئەو ئاستەی که ناچار بوو بۆ ماوەی سێ مانگ له سلێمانی و کەرکوك خۆی بشارێتەوە.

ساڵی ١٩٨٣ پاش تەواوکردنی خزمەتی سەربازی، گەڕایەوە سەر پیشەی مامۆستایی له سەنگاوو دواتر راژەی بۆ تەیناڵ گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٥ پاش گواستنەوەی راژەی بۆ چوارقوڕنە، چەند شانەیەکی ڕێکخستنی لەوێ دروست کرد. بونی لەچوارقوڕنەو پەرەسەندنی پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکانی، یارمەتییان دا که بتوانێ، بەیارمەتیی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی چوارقوڕنە، بڕێکی زۆری دەرمان به دزییەوە بۆ هێزی پێشمەرگە بنێرێ.

ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی به هێزی پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمەوە کرد. ساڵی ١٩٨٧ کرایه ڕابەری سیاسیی تیپی ٥٩ی حەمرین و هەر لەو ساڵەشدا بەشدار بوو له خولی عەسکەریی ئەهواز بۆ مەشقو راهێنان لەسەر بەکارهێنانی موشەکی مالۆتکا. ساڵی ١٩٨٨ بەشدار بوو لەبەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال له دۆڵی جافایەتی. هەمان ساڵ له کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوی دووەمی ئەنفالدا، بەشدار بوو له گواستنەوەی دەوروبەری هەزار هاووڵاتی له سنوری قەرەداغەوە بۆ سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك.

پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، له ناوچەی دزڵی گیرسایەوەو پاش ڕێکخستنەوەی هێزەکان کرایه ڕابەری سیاسیی تیپی ٥٥ی قەرەداغ. له کۆتایی ساڵی ١٩٩٠دا ناوچەکانی سلێمانیو قەرەداغی بەسەر کردەوەو به هەماهەنگی لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکانو ڕێکخستنەکانی ناو شارەکاندا چەند شانەیەکی چەکداری بۆ کاتی ڕاپەڕین دروست کرد.

له ڕاپەرینی ١٩٩١دا ئەرکەکانی خۆی له ناوچەی سلێمانی جێبەجێ کرد. هەمان ساڵ کرایه ڕابەری سیاسیی بەتالیۆنی ١١٠ی بازیان و دواتریش له شاری سلێمانی نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد له بەرەی کوردستانیدا.

له ماوەی نێوان ١٩٩٢-١٩٩٨دا چەند لێپرساوەتییەکی لەدامودەزگا ئەمنییەکاندا پێ سپێردراوەو لەم سەروبەندەدا


لە ساڵی ١٩٩٢دا بووەتە جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخانو لە ساڵی ١٩٩٤دا لێپرسراوەتیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی پارێزگای کەرکوکی لەدەربەندیخان گرتۆتە ئەستۆ، لە ساڵی ١٩٩٨یش بۆتە جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەمان ساڵ کرایە بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیجی ئێوارانی یاسای زانکۆی سلێمانی وەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٣ بەشدار بوو لە شەڕی رزگارکردنی کەرکوك و هەر ئەو ساڵە سەرپەرشتیی پرۆسەی پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسو پۆلیسی هاتوچۆی کرد لە کەرکوك.

ساڵی ٢٠٠٥ کرایە بریکاری وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٨ لێپرسراوەتیی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر گرتە ئەستۆ.

لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩دا کرایە راوێژکاری جێگری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری ئەمنی.

## جەلال محەممەد قادر*



کادیری رێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٧ی گوندی مژدەینانی ناوچەی باڵەکایەتی. بەو هۆیەوە کە گوندەکەی لەو سەردەمەدا خوێندنگەی نەبوە، دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخساوە کە بخرێتە بەر خوێندن. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرە کە ئەندامەکانی لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە تێکەڵ بە بزوتنەوەی کوردایەتین.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ژیانی رێکخراوەییدا کادیرێکی هەڵسوڕاوو بەتوانا بوو. لە ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی رێکخستن، لە شارۆچکەی سۆران کەوتە داوی دەزگا ئەمنییەکانەوەو دەستگیر کراو رادەستی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێر کرا. لە هەولێر خرایە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە. سەرەڕای سەختیی ئەشکەنجە، هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە رێکخستن نەدرکاند. دوای نزیکەی چل رۆژ لە دەستگیرکردنی، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لە ناو بینای ئەمنی هەولێر لەسێدارە درا. تەرمەکەی نەدرایەوە بە کەسوکاریو بە شوێن بزری مایەوە.

بە شەهیدبونی، بنەماڵەکەی بووە خاوەنی ٣ شەهید. دوو برای شەهیدی لەخۆی گەورەتری هەبوو، یەکێکیان کە کەماڵە، لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣و شەهیدی ساڵی ١٩٨٠بوو، ئەوی تر کە مستەفایە، لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥و شەهیدی ساڵی ١٩٨٤بوو. یەکەمیان پێشمەرگەی هەرێمی ٧ی باڵەك بوو، ئەوی تر پێشمەرگەی تیپی ٧٨ی کاروخ بوو.

## جەلال محەممەد محێدین*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندەی دوو تیپ. ناسراو بە جەلال حەمەی محە. لەدایکبوی ساڵی

١٩٥٧ی گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوەی کە قۆناغی خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووە، لە پێنجوێن پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو لە هێزی خەبات ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردووە. هەر لەو ساڵەدا برایەکی بە ناوی ئەنوەر کە پێشمەرگە بووە، لە چیای گۆیژە شەهید بووە.

ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٦ بووە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو لە شارباژێڕ بۆ جاری دووەم ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە. ساڵی ١٩٧٧ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی ٣ی شارباژێڕو ساڵی دواتر پلەکەی بۆ فەرماندەی کەرت بەرز کرایەوە. ساڵی ١٩٨٢ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون. لەو ماوەیەدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی دۆڵەڕوت و دۆڵێ، هەروەك بەشدارییەکی کاراشی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان دا کردووە.

ساڵی ١٩٨٥ پاش تێکهەڵکێش کردنی تیپی ٣١ی پێنجوێن و تیپی ٣٣ی سلێمانی و پێکهێنانی تیپێکی تازە لە هەردوکیان بە ناوی تیپی ٣١ی سلێمانی، کرایە فەرماندەی تیپە تازەکە. هەر ئەو ساڵە لەبەر داشکاندنی بە لای گروپی ئاڵای شۆڕش دا، لێپرساوەتیی تیپەکەی لێ سەندرایەوە. بەڵام زۆری نەبرد، وازی لە گروپی ئاڵای شۆڕش هێناو گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان. لە ساڵی ١٩٨٧دا بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە پێشتر جێگری فەرماندەی تیپ بووە لە پیرەمەگرون، کرایە فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون. لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی دیاری لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا هەبوو، بەتایبەتی لە دۆڵی مێرگەپان، دۆڵەڕوت، سورداش و پیرەمەگرون و هەر لەو ماوەیەشدا لە شەڕێکی سەختدا لە قوڵە سەوز بریندار بوو.

ساڵی ١٩٨٨ لە ڕەوتی بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال بۆ سەر دۆڵی جافایەتی، بەرگرییەکی سەختی لە ناوچەکانی دۆڵەڕوت و دۆڵێ و دۆڵی جافایەتی و ماوەت کرد و لە گوندی شاناخسێ بە چەکی کیمیایی بریندار بوو.

دوا بە دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی سەر سنور، ماوەیەك لە ئێران نیشتەجێ بوو، دواتر بە خێزانەوە چوو بۆ سوریاو لە دیمەشق گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ڕاپەڕیندا، یاوەریی تاڵەبانیی کرد لە گەڕانەوەیدا لە قامشلۆوە لە سوریا بۆ زاخۆ لە کوردستانی عیراق و لەوێوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی. هەر کە گەیشتە سلێمانی، بەشدار بوو لە دروست کردنی هێزێك بۆ بەرگری کردن لە شار. هەر لەو ماوەیەشدا بەشدار بوو لە شەڕەکانی چیای ئەزمڕ کە سنورێکیان بۆ پێشڕەویی هێزەکانی عیراق دانا و ناوچەیەکی بەربلاویان تا سەر سنوری نێودەوڵەتی لە دەرەوەی دەسەڵاتی هێزەکانی عیراق هێشتەوە.

پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، کرایە جێگری فەرماندەی لیوای ٢٠. ساڵی ١٩٩٣ کرایە فەرماندەی لیوای ٢٢. هەمان ساڵ کرایە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ناوچەی سلێمانی. لە ٢٧ی ئایاری ١٩٩٧دا لە کاتی شەڕی ناوخۆدا لە ناوچەی شارەزور شەهید کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:
*پیرەمەگرون (تیپ).
*ئەزمڕ (شەڕ).

## جەلیل حەمە موراد شەریف



پێشمەرگەو کادیری تەکنیکیی ڕاگەیاندن. ناسراو بە کرمانج. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک. ساڵی ١٩٧٠ خراوەتە بەر خوێندنو ساڵی ١٩٨٠ ناوەندیی تەواو کردووە. هەر ئەو ساڵە لە ئامادەیی پیشەسازیی کەرکوك وەرگیراوە.

پەیوەندیی بەڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوەو لەم ڕووەوە لە کۆمیتەی ئاگر ڕێك خراوە. ساڵی ١٩٨١ لە شالاوێکی دەزگا ئەمنییەکاندا بۆ سەر ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگر دەستگیر کرا، درایە دادگاو سزای حەوت ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێنرا. پاش بەسەر بردنی ساڵێك لە بەندیخانەی ئەبوغرێب، ساڵی ١٩٨٢ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا. هەر ئەو ساڵە لە شارباژێر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەگوندی حاجی مامەند کە لەو کاتەدا بارەگای مەڵبەندی یەکی لێ بوو، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. دواتر، گوێزرایەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی دوو لەگوندی سەرگەڵوو لە دۆڵی جافەتی. ساڵی پاشتر گوێزرایەوە بۆ کەرتی پارێزگاریی بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە بەرگەڵوو و نزیکەی ساڵێك لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٩٨٤ گوێزرایەوە بۆ بارەگای ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە سورداش و وەك کادیرێکی تەکنیکیی شارەزا لە بواری بەکارهێنانی رۆنیۆ خزمەتی کرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ گوێزرایەوە بۆ بارەگای دەزگای پەیوەندییە نیشتمانییەکان لە گوندی چالاوەی دۆڵی جافەتی کە لێپرساوەکەی ئازاد هەورامی بوو. ساڵی ١٩٨٦، پاش پێکهێنانی مەڵبەندی ٤ی بادینان و سپاردنی ئەرکی لێپرساوەتیی مەڵبەندەکە بە ئازاد هەورامی، دوو ساڵی لە بادینان گوزەراند. پاش گەڕانەوەی هێزەکە، ماوەیەك لە قەندیل مایەوەو پاشان وەك کادیرێکی تەکنیکی گوێزرایەوە بۆ بارەگای چاپخانەی برایم عەزۆ لە شاری سەقز لە ئێرانو بەشداریی لە چاپکردنی هەردوو رۆژنامەی شەرارەو ڕێبازی نوێ‌و بڵاوکراوەی سەندیکاکاندا کرد.

ساڵی ١٩٩٠ لە ڕەوتی خۆسازداندا بۆ ڕاپەڕین، ئیشوکاری چاپخانە ڕاگیراو کادیرەکانی خرانە پاڵ کادیرەکانی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان. لەم سەروبەندەدا، لەگەڵ ئەو کادیرانەدا رەوانەی زەڵێ کرا کە رادیۆیەکی ٤١ مەتریان بۆ کاتی دەستپێکردنی ڕاپەڕین، لەزەڵێ دانا.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١و لەگەڵ گواستنەوەی بارەگای دەزگای ڕاگەیاندن بۆ گەڵاڵە، ئەویش بۆ ماوەی ساڵێك لەوێ مایەوە، لە ماوەی نێوان ١٩٩٢-١٩٩٦دا لە سلێمانی لە چاپخانەیەکی سەر بەمەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی یەکێتیدا بە ناوی چاپخانەی کۆڕەو کاری کرد. لە ساڵی ١٩٩٦ بەدواوە وەك سەرپەرشتیاری چاپ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەستبەکار بوو. ساڵی ٢٠٠٤ بووە لێپرسراوی چاپخانەی مەکتەبی ڕاگەیاندن. ساڵی ٢٠٠٩ گوێزرایەوە بۆ کەرکوك و کرایە بەڕێوەبەری چاپخانەی ئازاد هەورامی.

# جەلیل سادق خورشید*



پێشمەرگە و جێگری فەرمانـدەی تیپی ٢١ی کـەرکـوک. نـاسـراو بـە حـاجی هەڵمەت. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی شاری کـەرکـوك. خوێـندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووەو ساڵی ١٩٧٨ چۆتە ئامادەیی پیشەسازی‌و لە بەشی دارتاشی وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٧٢، کاتێك خوێندکار بوو لە ناوەندیی زێـوەر لـە کـەرکـوك و تـەمـەنی ١٣ سـاڵ بـوو، پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کرد. هـەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ نەبوە مایەی لەدەستدانی متمانەی بەکوردایەتی. لە ساڵی ١٩٧٩دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. پاش دوو ساڵ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد.

لە ماوەیەکی کورتدا پلەکانی پێشمەرگایەتیی بڕی. پاش ئەوەی کە کرا بە فەرماندەی مەفرەزە، پاش مـاوەیـەك بـووە جێگری فەرماندەی کـەرتو زۆری نـەبرد بـووە فـەرمـانـدەی کـەرت. پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکانو کارکردن بەسیستمی تیپەکان و دامەزراندنی تیپی ٢١ی کەرکوك، کرایە جێگری فەرماندەی تیپەکە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە بەشێکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە، لەوانە چالاکییەکانی دەڤەرەکانی پشدەر و ساڵەیی و شوان و شێخ بزێنی و شیوەسور و دەشتی هەولێر و ئۆپەراسیۆنی قەیوان- ماوەت و قەندیل و دۆڵی جافەتی و دابان- هەلاج و قەرەهەنجیر و کێوەڕەش. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پێنج جار بریندار بووە، لەوانە دوو جار لە لێواری مەرگ گەڕاوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ ٦٩ کادیردا بەشدار بوو لە خولێکی فەرماندەییدا کە نزیکەی سێ مانگی خایاند و بەپێی ڕێککەوتنێك لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان و قـەرارگـای رەمـەزانی سوپای پاسدارانی ئێراندا لە شاری تاران بەڕێوە چوو.

ساڵی ١٩٩١ لە چواچێوەی خۆئامادەکردندا بۆ راپەڕین، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئەرکی دروست کردنی شانە چەکدارەکانی رێکخراوی بروسکی لـە سـنـوری ئۆردوگـاکـانی بـنـەسـلاوە، دارەتـوو، کەورگۆسك، جدیدەو تۆپزاوای پێ سپێردرا. لە کاتی راپەڕیندا بەشداریی کاریگەری لە جێبەجێ کردنی هەموو ئەو ئەرکانەدا کرد کە پێی سپێردران. لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری کەرکوکدا، لـەشـەوی ١٨ لەسەر ١٩ی ئـازاردا رابەرایەتیی هێزێکی کردو توانی لەدەوری پشتێنە ئەمنییەکانی دەوروبـەری شـارەکە بسوڕێتەوەو دزە بکاتە ناو کەرکوك و لێرە بـەدواوە شەڕ کەوتە ناو کەرکوك. لە١٩ی ئـازاردا لە کەناری چەمی خاسە پێکراو شەهید بوو. پاش شەهیدبونی بە ڕۆژێك، هێزی پێشمەرگە پاش شەڕێکی سەخت دەستی بەسەر شاری کەرکوکدا گرت.

بابەتی پەیوەندیدار:

* تاران (خولی فەرماندەیی).

* بروسک (رێکخراوی شانە چەکدارەکانی ناو شار).

## جەلیل عەبدال شاهباز



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەڤەری بادینان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی ناحیەی سەرسنگ لە پارێزگای دهۆك. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە شاری دهۆك تەواو کردوە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو و لەئۆردوگای زێوەی نزیك شاری ورمێ گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە پاش بیستنی هەواڵی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و گوێگرتن لەبەیاننامەی دامەزراندنی کە لە رادیۆی دیمەشق خوێندرایەوە، خۆی‌و چەند هەڤاڵێکی بڕیاریاندا ئێران بەجێ بێڵن و روو بکەنە سوریاو لەوێ پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بکەن. لە ئابی ١٩٧٥دا پاش ٢٣ رۆژ رۆیشتن بە قاچاخ بە ناو خاکی تورکیاداو بەهاوکاریی کەسانی کوردپەروەری ناوچەکە، لەگەڵ پێنج هەڤاڵی تردا توانی بگاتە شاری قامشلۆی سوریا. لەوێ پەیوەندیی بەو بارەگایەی یەکێتییەوە کرد کە عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا سەرپەرشتیی دەکرد و بەشێکی ئەرکەکانی، رایی کردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ ناوخۆی وڵاتدا.

لەو ماوەیەی کە لە سوریا بوو و لە چوارچێوەی خۆئامادەکردنی یەکێتی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ بەشدار بوو لە خولێکی مەشق و راهێنانی سەربازی لە سەربازگەیەکی باکوری دیمەشق و لەم خولەدا فێری بەکارهێنانی چەکی سوك‌و مامناوەنجی‌و هاوەنی ٨٦ملم و ١٢٠ملم و چۆنێتیی دانانی مین‌و پۆچەڵکردنەوەی مین و بۆمب بوو.

هەر ئەو ساڵە لەگەڵ یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە فەرماندەیی برایم عەزۆ بەناو خاکی تورکیادا بەڕێ کەوت بەرەو بادینان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. پاش نزیکەی دوو هەفتە مەفرەزەکە گەیشتە ناوچەی ئولودەرەو لە سەرەتای حوزەیراندا لە سنوری عیراق- تورکیا پەڕییەوە بۆ ناوچەی بادینان.

ئەرکی سەرەکیی مەفرەزەکە، بەو شێوەیەی کە لە بەرنامەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا پێی سپێردرابوو، بانگەشەی سیاسی‌و بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەرو بەسەرکردنەوەو پەرەپێدانی رێکخستنەکان بوو. لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا ئەم ئەرکە زۆر لە ئەرکی شەڕکردن قورستر بوو.

لە دەوروبەری باتوفە، برایم عەزۆ هێزەکەی بەسەر چوار مەفرەزەدا دابەش کرد، مەفرەزەی یەکەم بۆ ناوچەی دهۆك، دووەم بۆ زاخۆ، سێیەم بۆ ئامێدی‌و چوارەمیشی وەك مەفرەزەیەکی ناوەندی بە سەرپەرشتیی خۆی هێشتەوە. شاهباز بەر مەفرەزەی دهۆك کەوت و بووە بەرپرسی دارایی مەفرەزەکە، سەرباری ئەوەی کە لە بواری رێکخستندا لێپرساوەتیی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی لە ئەستۆ گرت. لەو ماوەیەدا بۆ پەیوەندی کردن بە رێکخستنەکانی ناو شار و گەیاندنی نامە کە هەندێکی لە قامشلۆوە وەری گرتبوو و هەندێکی لە لایەن برایم عەزۆوە، چووە ناو شاری دهۆك و ئەرکەکانی بەجێ هێناو پاشان لەوێوە چوو بۆ سلێمانی بۆ گەیاندنی نامەی تاڵەبانی بە پارێزەر شازاد سایب. سەرەڕای دژواریی

ئەرکەکە لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا، ئەرکەکەی لە سلێمانی بەڕێکوپێکی جێبەجێ کردو لەگەڵ شازاد سایب میکانیزمێکی گونجاوی بۆ گەیاندنی پۆستەی ڕێکخستنەکانی سلێمانی بۆ دهۆکو لەوێوە بۆ سوریا دانا.


هاموشۆی بۆ دهۆك سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی ڕاکێشا، لە ناو دهۆك بەناسنامەی ساختەوە دەستگیر کراو ڕاپێچی گرتوخانە کرا. لەوێ خرایە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەیەکی زۆرەوە بەڵام هیچی لەسەر خۆی ئاشکرا نەکرد، لەدواییدا بەتۆمەتی بەکارهێنانی ناسنامەی ساختە ڕادەستی دادگا کراو لەوێ فەرمانی هەشت مانگ زیندانی کردنی بۆ دەرچوو.

ساڵی ١٩٧٧ پاش تەواوکردنی ماوەی زیندانی کردنی، لە بەندیخانە هاتە دەرێ و کاتێك ویستی پەیوەندی بلە مەفرەزەکانی برایم عەزۆوە بکا، بۆی دەرکەوت کە ئەو مەفرەزانە لە تشرینی دووەمی ساڵی پێشووەوە بە دەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان تەفروتونا کراون و لە پێشمەرگەکان ژمارەیەکی زۆر کەمیان دەربازیان بووە.

دوا بەدوای ئەمە، گەڕایەوە سەر ژیانی ئاساییو دەستی بە خوێندن کردەوە. ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردو لە کۆلێجی بەڕێوەبردن و ئابوریی زانکۆی موسل وەرگیراو هەر لەوێ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردەوە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩٠دا بە پلەی یاریدەدەری ژمێریار لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی دهۆك کاری کرد. لە ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٤ یاریدەدەری بەڕێوەبەری گومرگی دهۆك بوو لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

پاش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، دهۆکی بەجێ هێشت و بە خێزانەوە چوو بۆ ئەڵمانیاو لە شاری بەرلین گیرسایەوە.

## جەمال بەهادین محێدین*




جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان و کاندید بۆ وەرگرتنی فەرماندەیی تیپی ٥٩ی حەمرین. ناسراو بە شێخ جەمالی گەرمیان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی داربەڕوی ناوچەی سەنگاو. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٧٨دا بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پلە بەپلە گەشەی کردووە. لە فەرماندەی مەفرەزەوە دەستی پێ کردووەو پاشان بۆتە جێگری فەرماندەی کەرت و لە ساڵی ١٩٨١دا بۆتە فەرماندەی کەرتی ٥ی داویە. ساڵی ١٩٨٥کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان. لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی دیاری لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا هەبوەو بەشداریی ژمارەیەکی زۆری نەبەرد و ئۆپەراسیۆنەکان کردووە لەوانە نەبەردەکانی زینانە، سلێمان بەگ، سەرجادەی کەرکوك- بەغدا، توکن عەزیز، قادر تەنکی، ئاوڕێژی کچان، سەی جەژنی، ژاڵە، خاڵە بەگ، بەردەکەڕ، تەپە عەرەب و لەیەکەم ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٦ی گرتنی شارۆچکەی سەنگاودا ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە.

ساڵی ١٩٨٦ پاش ئەوەی کە بڕیاری دروستکردنی تیپی ٥٩ی حەمرین دراو سنوری چالاکییەکانی دەستنیشان کرا، بڕیار درا جەمال بەهادین محێدین ببێ بە یەکەم فەرماندەی تیپە تازەکە، بەڵام پێش

دەستبەکاربونی لەو تیپە، لە ئۆپەراسیۆنی قەیوان ـ ماوەت لە٦ی ئەیلولی ١٩٨٦ لە بەرەی دۆڵبێشکی ناوچەی شارباژێر شەهید بوو.

## جەمال تاهیر



لێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ و ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ی شارۆچکەی بەرزنجە لە پارێزگای سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردوە. ساڵی ١٩٦٤ وەك مامۆستا لەگوندی شەدەڵە لە سورداش دامەزراوە. لە کاتی لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتیوانیی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کردوە و لە ناو ڕێکخراوەکانی کاری کردوە. ساڵی ١٩٧٠، کاتێك کۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستان دامەزراوە، پەیوەندیی پێوە کردوە.

لە ساڵی ١٩٧١دا، پاش تێکەڵبونەوەی هەردوو باڵ، لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە بواری ڕێکخستن کاری کرد. هەر ئەو ساڵە وەك ئەندامی ناوچەی سلێمانی کاری کردو ساڵی ١٩٧٣ کرایە لێپرسراوی ڕێکخراوی وارماوە لە دەربەندیخان و لە ساڵی ١٩٧٤دا جگە لە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی وارماوە، وەك ئەندامی لیژنەی قەرەداغیش کاری کرد. پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو پاش هەرەس هێنانی شۆڕش گەڕایەوە بۆ سلێمانی و بەشدارییەکی کارای لە بەهێزکردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستاندا کرد.

پاش ئەوەی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا لە کۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی کۆمەڵە لە گوندی شێنێ بڕیار درا سەرکردایەتییەکی ناوخۆ بۆ بەڕێوەبردنی هەموو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شارەکان پێک بهێنرێ، جەمال تاهیر لێپرسراوەتیی کۆمیتەکەی گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە گیراو زۆر ئەشکەنجە درا، بەڵام هیچی نەدرکاندو خۆی ڕاگرت. لە کۆتایی ئەو ساڵە، پاش ئەوەی دەزگا ئەمنییەکان هیچیان پێ نەدرکاند، ئازاد کرا.

دیسان لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨١ گیرایەوەو ئەمجارە بە شێوەیەکی دڕندانەتر ئەشکەنجە درا. بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو خرایە ژوورێکی تاکە کەسییەوە، زۆربەی کاتیش بە هەڵواسراوی دەهێڵدرایەوە. لەو ماوەیەدا ڕۆژانە تەنها نیو سەمونی پێ دەدرا. پاش ئەوەی کە تەواو بێهێز بوو، گواسترایەوە بۆ ژوورێکی نسرمی زۆر ساردو تەڕ، بەڵام لەوێ واز لە هەڵواسینی هێنراو تەنها بەدەست بەستراوی هێڵدرایەوە.

پاش دەوروبەری هەشت مانگ، لە ١٤ی تەموزی ١٩٨٢دا بەهۆی لێبوردنێکی گشتییەوە کە حکومەتی عیراق دەری کردبوو، ئازاد کرا. بەهۆی خۆڕاگریی لە زینداندا، نازناوی پاڵەوانی زیندانی پێ بەخشرا.

لەو سۆنگەیەوە کە مانەوەی لە ناو شار مەترسییەکی زۆری لەسەر ژیانی دروست دەکرد، وا بە باش زانرا کە شار بەجێ بێڵێ و پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکا. لە مانگی ئابی ١٩٨٢دا دوا بەدوای بەشداری کردنی لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵە لە خڕی ناوزەنگ و هەڵبژاردنی بە ئەندامی سەرکردایەتی نەگەڕایەوە بۆ سلێمانی و لەوێ گیرسایەوە و هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی مەکتەبی ڕێکخستنی گرتە ئەستۆو لە

ناو یەکێتیشدا کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

لە ١٤ی تەموزی ١٩٨٣ لە کاتێکدا کە بەڕێ کەوتبوو بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە بالیسان، لەسەر ڕێگای خەلیفان- بالیسان بە ڕوداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد.

## پاشکۆی ژمارە ١

## بەیاننامەی کومیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا جەمال تایەرەوە

هاونیشتمانانی بەڕێز! هاوڕێیانی تێکۆشەر!

مرۆڤ لەدایك ئەبێ‌و دێتە دنیاوە، گەورە ئەبێ‌و ئەمرێ، بەڵام بەرزترین و پیرۆزترین مردن ئەوەیە لەپێناوی گەل و نیشتمان دا بێت. هەمو ڕۆژێك دەیان کەس لەگۆشەو کەناری دنیا دەمرن بێ ئەوەی لە پاش خۆیان هیچ شوێنەوارێك‌و ناوێك بەجێ بهێڵن، لە ناو ئەو ملیۆنان مرۆڤانەی سەرزەمین دا هەر ئەوانە ناوو شوێنەواریان ئەمێنێ کە لەپێناوی گەل و نیشتمان دا دەژین و دەمرن.

هاوڕێ جەمال تایەر یەکێك بوو لەوانە هەمو ژیانی خۆی لەپێناوی گەلەکەی دا بەخت کردو هەر لەپێناوی گەلەکەشیا چوە ڕیزی کاروانی نەمرانی گەلەکەمانەوە.

بە پەژارەیەکی بێ ئەندازەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی خۆشەویست و ڕۆڵەی دلێری گەلەکەمان سەرکردەی هەڵکەوتوی کۆمەڵەو یەکێتی‌و شۆڕشەکەمانتان پێ ڕائەگەیەنین کە لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٤ لەسەر جادەی گشتیی نێوان گوندی مێرگەسەرو بالیسان دا لەگەڵ دەستەیەك لەهاورێیانی ترپان لە ئوتومبێل وەرگەڕان، لە کاتێکدا بە ڕێگەوە بوون بەرەو کات و شوێنی سێیەمین کۆبونەوەی خولی چوارەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هاورێ جەمال گیانی پاکی گەیشتە بەهەشتی نەمری.

هاورێ جەمال لە ساڵی ١٩٤٣ دا لەگەڕەکی کانێسکان لە شاری سلێمانی لە ناو خێزانێکی کوردپەروەردا چاوی هەڵهێنا و پەروەردە بوو. قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە سلێمانی‌و دوایی تر قوتابخانەی ئامادە کردنی مامۆستایانی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کرد. بوو بە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەکانی دەوروبەری سلێمانی.

هاورێ جەمال هەر لە ساڵی ١٩٦٠وە تێکەڵاوی جوڵانەوەی نیشتمانیی کورد بوو. بوو بە یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی یەکێتیی قوتابیان و پاشان ئەندامی پارتی‌و لە خەباتی ژێرزەمینی ساڵانی ٦١و ٦٢و ٦٣ دا نموونەی یەکێك لەگەنجە هەرە دڵسۆزو چالاك و چاو نەترسەکانی ناو شاری سلێمانی بوو کە بەوپەڕی لە خۆبران و هۆشیارییەوە بەشداری ئەکرد لە سازدان و ڕێکخستنی قوتابیان‌و خەڵکی تر لەگەڕەکەکان دا بۆ کۆبونەوە لە ڕێکخستنی شۆڕش‌و یارمەتی دانیان‌و هاوکاری کردنی شۆڕش و پێشمەرگەدا. هەر وەکو لە دواییشدا کە بوو بە مامۆستا یەکێك بوو لەو مامۆستا شۆڕشگێڕانەی لەهەر گوندو لە هەر قوتابخانەو شارێك دا مامۆستا بوبێت، دەورێکی کاریگەرو گرنگی ئەگێڕا لە پەروەردە کردنی قوتابیان بەگیانی نیشتمان پەروەری‌و بەرگریی داگیرکەران‌و خۆشەویستی کرێکاران‌و جوتیاران و ڕەنجدەرانی گەلەکەمان.

هاوڕێ جەمال لە ژیانی سیاسی دا، لە ڕێکخراوی قوتابیان، ڕێکخراوی کرێکاران‌و پاشان لەلیژنەی ناوچەی سلێمانیی پارتی دا ئەندام بوو. لە کۆتایی

شەستەکانەوە بیروباوەڕی پرولیتاریا، واتە تیۆریی شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم ـ لینینیزمی کردە چرای ڕۆشن کردنەوەی بیرو ڕێگای خەباتی خۆیو لە ناو هاوڕێکانیدا بڵاوی ئەکردەوە، بەڕێکو پێکی کاری بۆ فێربونی ژیرانەی کەڵك لێ وەرگرتنی داهێنەرانەی ئەکرد، تا ساڵی ١٩٧٠ کە ئەڵقە ناوکییەکانی کۆمەڵە دامەزران، ئەویش لەیەکێك لەو ئەڵقانەدا بەوپەڕی چالاکیو ژیریو هۆشیاریەوە کەوتە کار کردن.

لە کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان کوردو حکومەتی عیراق دا ساڵی ١٩٧٤ وەکو هەزاران تێکۆشەری تری گەلەکەمان چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتیی کردە شان و ئەو ئەرکانەی شۆڕش پێی ئەسپارد بە دڵسۆزیو لەخۆبرانەوە جێ بەجێی ئەکردن. هەر لە ئەنجامی خەباتی شۆڕشگێڕانەو بەرەنگاریی رژێمی فاشیستەکانی بەغدا کاك حەمە رەشیدی برای گیراو ساڵی ١٩٧٤ لەسێدارە درا. لە ساڵی ١٩٧٥ کە ئیتر قۆناغی نوێی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ژێرزەمینی دەستی پێکردو کۆمەڵە ئەبوو رۆڵێکی کاریگەرو سەرەکی بگێڕێ لەهەڵسانەوەی باری کەوتوی جوڵانەوەی نیشتمانیو پێکهێنانی خەتی جیا جیای یەکێتیی نیشتمانی لە ناو شارەکان و سەرانسەری کوردستانی عیراق دا، بە هەوڵو خەباتی هاوڕێ جەمالی تێکۆشەر بۆ پێکەوە گرێدانی خەباتی شارو شاخ بەیەکەوە، دەیان کادیرو ئەندامو پێشمەرگە هاتنە ریزەکانی شۆڕشەوە، سەدان تێکۆشەری هێنایە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ژێرزەمینییەوە لە ناو شارەکانی کوردستان دا، هەر لە خانەقینەوە تا زاخۆ، لە ناوەڕاست و خوارووی عیراق دا.

هەر لە ئەنجامی ئەم لێوەشاوەییو زۆر کارامەییە کەم وێنەیەدا لەبەهاری ١٩٧٨ پاش کۆبونەوەی فراوانی کادرەکانی کۆمەڵە، هاورێ جەمال کرا بە لێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوشارەکان و سەرکردایەتیی هەمو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو بەشێك لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەرتاسەری شارەکانی کوردستانو عیراق.

لە هەموو کۆبونەوە فراوان و گرنگەکان بە راپۆرتی زانستیو بیروبۆچونی ژیرانەو بەرەخنەو گلەیی بەجێو بە پێشنیاری عەمەلیی بەکەڵك بەشداریی کردووە.

هاوڕێ جەمال لە ساڵی ١٩٧٩ گیرا. لە زیندانی فاشیستەکانی عیراقدا ماوەیەکی درێژ لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەی جەستەییو گیانی دا مایەوەو بە قارەمانێتییەوە لەو تاقی کردنەوەیە وەکو قارەمانی یەکەمی زیندانو چاوسورکردنەوەی جەللادو چەتەوڵەکانی رژێمو چاودێری کردنی بەردەوامی جاسوسەکان نەیانتوانی مامۆستا جەمال لە خەبات سارد بکەنەوە بەڵکو هەر دەست بەجێ کەوتەوە راپەڕاندنی ئەو ئەرکە گرنگانەی خرابونە ئەستۆی لە رابەری کردنی کۆمیتەی سەرکردایەتیی شارەکان و لە ئامۆژگاریو ڕێنوێنی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و مامۆستایان و ڕێکخراوی شەهید لەیلای ئافرەتان و مەفرەزەکانی ناوشاردا.

بۆ ڕێزلێنان لە لێوەشاوەییو خەبات و خۆگریی هاوڕێ جەمال لەیەکەمین کۆنفرەنس دا ئەگەرچی خۆی لەوێ نەبوو، بە راپۆرتێکی زانستی دوورودرێژ بەشداریی کۆنفرەنسەکەی کردبوو، بڕواو دەنگی زۆربەی ئەندامانی کۆنفرەنسی وەرگرت و هەڵبژێردرا بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە.

بەڵام زۆری نەخایاند دامودەزگاکانی رژێم سەر لەنوێ گومانیان لە هەڵسوکەوتو جموجوڵو چالاکییەکانیان کردو گرتیانەوە. نزیکەی ٩ مانگی رەبەق لەژووری تەنیای ئازاردانی ئەمنی سلێمانیدا ژوورێکی پڕ لە ئاو بەبرسێتیو تینوێتیو نەخەوتنو

لێدانو هەڵواسینو هەموو شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەییو گیانیی فاشیانە لەگەڵی خەریك بون بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ڕێکخستنی پێ بدرکێنن چونکە کاربەدەستانی ڕژێم گومانی ئەوەیان لێ ئەکرد کە ئەو لێپرسراوی سلێمانی بێ. بەڵام هاوڕێ جەمال ئەمجارەش شەرەفی قارەمانێتیی زیندانی پاراست تەنانەت بە شایەتیی دوژمنەکانیشیو بە سەربەرزی لە عەفوات دا ئازاد کرا، کە ڕژێم لە ئەنجامی ڕاپەرینو خۆپیشاندانو مانگرتنەکانی کوردستان دا لە ساڵی ١٩٨٢ دەری کرد.

هاوڕێ جەمال لەگەڵ بەربونی سەرلەنوێ کەوتەوە کارکردن، لە دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەدا وەکو یەکێك لە نوێنەرە رووپۆشەکانی ناو شارەکان بەشدار بوو و هەڵبژێردرا بە ئەندامی دەستەی بەرێوەبەرایەتیی کۆنفرانس و لە دوا کۆبونەوەی کۆنفرانس دا بڕواو دەنگی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆنفرانسی وەرگرت و هەڵبژێردرایەوە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەو دوایی تر بە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە و لێپرسراوی دەزگای ناوەندیی ڕێکخستنو نوێنەری کۆمەڵە لە کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیدا.

هاوڕێ جەمال لەو ماوەیەدا کە لە ریزی پێشمەرگەدا بوو لە شاخ وەکو پێشمەرگەیەکی نموونەیی هەرچیەکی لەدەست هات کردیو بەشدارییەکی کاریگەری کرد لە جێگیر کردنی کەرتەکانی ڕێکخستنو پێکهێنانی چەندین کەرتی ڕێکخستنی نوێو پێکهێنانی ڕێکخراوەکان و دوا کاری گرنگی بۆ شۆڕش کە ئەنجامی دا مەسەلەی سەرپەرشتی کردنی کشانەوەی ڕێکوپێکی بێ زیانی سەرکردایەتیو بارەگاکانی سەرکردایەتیو ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عیراق بوو لە ناوچەکانی پشدەر، کەلوپەلەکانی بۆ شوێنێکی کەی ئازادکراوی کوردستان گواستەوە.

لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەی کوردستاندا کە هەڵسەنگاندنی تێکڕای کارەکانی ڕابردوومانو دانانی نەخشەو پلانی کاری قۆناغی داهاتوومان پێویستی بە کۆبونەوەیەکی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەو پێویستی بە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەکرد، زۆربەی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی بانگ کرابوون بۆ ناوچەی خۆشناوەتی، هاوڕێ جەمالی نەمریش وەکو یەکێ لەوانە لە کات و شوێنی خۆیدا ئامادەی دوو جەلسەی گرنگی کۆبونەوەکان بوو و لە کاتی هاتنیدا بۆ جەلسەی سێیەم سەد حەیف و سەد مەخابن لە ڕێگا ئوتومبێلەکەی وەرگەڕاو دڵی گەورەی مامۆستا جەمالی هێژا، مامۆستا جەمالی بلیمەتی خەباتی ژێرزەمینی، مامۆستا جەمالی سەرکردەی هەڵکەوتوو، مامۆستا جەمالی پێشمەرگەی دلێر و ئازا، مامۆستا جەمال قارەمانی زیندانی فاشیستەکان، مامۆستا جەمالی رابەری خۆشەویستی رەنجدەرانی کوردستان لە لێدان کەوتو لەپێناوی ئەو مەسەلە پیرۆزەدا، کە زیاتر لە٢٣ ساڵی تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو شەهید بوو. شەهید بوونی مامۆستا جەمال زەرەرێکی زل بوو لە بزوتنەوەی رەنجدەرانی کوردستان و لە بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی گەلی کوردو لە بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق و بە شەهیدبوونی ئەو، کرێکاران و رەنجدەرانی ناوچەکە یەکێك لە ڕۆڵە خۆگرو دڵسۆزە تێکۆشەرەکانی خۆی لە ڕابەرە مارکسییە ـ لینینییە ڕاستەقینەکانی خۆی لەدەست دا.

سەروەریو نەمری بۆ هاوڕێ جەمالو هەموو شەهیدان

**کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان**

## پاشکۆی ژمارە ٢

### بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی کۆچی دوایی مامۆستا جەمال تاهیر

هەڤاڵانی خەباتگێڕ، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

هەڤاڵانی تێکۆشەر، پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

هاووڵاتییانی بەڕێز

خوشك و برایانی خۆشەویست

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدبونی ئەندامێکی ژیرو کاراو لێهاتووی خۆیتان پێ رادەگەیەنێت، ئەویش مامۆستا جەمال تاهیرە، کە سەد مخابن عەسری رۆژی ١٤ی تەموزی ١٩٨٣ لە وەرگەڕانی ئوتومبیلەکەیان شەهید بوو. گیانی پاکی لە بەهەشتی نەمریدا گەیشتەوە هەڤاڵانی تری سەرکردایەتیی شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەڤاڵانی نەمر شەهاب شێخ نوری، عەلی عەسکەری، شاسوار جەلال (ئارام)، خالید سەعید، حسێن بابە شێخ، جەعفەر عەبدولواحید، برایم عەزۆ، سەعدی عەزیز ، مامۆستا عەزیز مەحمود عەلی و لەگەڵ گیانی پاکی دەیان سەرکردەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەدان قارەمانی تری کوردایەتیدا لە کاروانی نەمران یەکیان گرتەوە.

شەهیدبونی مامۆستا جەمال تاهیر زیانێکی گەورەیە لە گەلەکەمان کەوت، لە کوردو کوردستان کەوت، لە جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیو دیموکراتیی خەڵکی کوردستان (کوردایەتی) و شۆڕشەکەمان کەوت، لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوت، چونکە مامۆستای نەمر رۆڵەیەکی دڵسۆزی گەلەکەمان و فەرماندەیەکی ژیرو هێژای شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردەیەکی لێهاتوو و کارای کوردایەتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

مامۆستا جەمال تاهیر هەر لە سەرەتای ژیانی پڕ سەروەریی خۆیەوە تێکۆشەرێکی نەبەزو هۆشیار بوو، هەر بۆیە لە جوڵانەوەی قوتابیان و مامۆستایاندا لە ریزەکانی پارتیدا خەباتگێڕێکی دیار و خۆشەویست بوو، هەروەك تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕو لێزان بوو، زۆر زوو بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەو سۆسیالیستی هەڵبژاردبوو، بڵاوی دەکردەوەو کاری پێ دەکرد، باوەڕی نەگۆڕی بە هێزی لەبن نەهاتووی گەلەکەی و کۆمەڵانی خەڵکەکەی بە گشتی و کرێکاران و رەنجدەران و جوتیارانی کوردستان بەتایبەتی، هۆیەکی گەورەی ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتای پێکهێنانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە لە کاتی زاڵبونی دەسەڵاتی بورژوازیی عەرەب و سەرکردایەتیی خێڵەکیی کورد بەسەر کوردستاندا، ببێتە ئەندامێکی چالاك و ژیرو کۆڵنەدەری کۆمەڵەو هەمیشە رێبازی راست و رەوای کوردستانیبون و خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیرو شۆڕشی درێژخایەن بگرێتە بەر. هەر بۆیە زۆر زوو بوو بە کادیرێکی شایستەی کۆمەڵەو رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی گەلەکەمان و پاشان بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵەش هەڵبژێردرا.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشەوە مامۆستا جەمال تاهیری هەمیشە زیندوو یەکێك بوو لە کادیرە خەباتگێڕە چالاکەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەدان تێکۆشەری رێك خست و هەزارانی تریشی کۆکردەوە لە ژێر ئالاکەیدا. هەر بۆیە بوو بە یەکێك لە سەرکردەکانی رێکخستنی ناوەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاشان بە لێپرساوی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوخۆ.

مامۆستا جەمال تاهیر چالاك و نەترس و لەخۆبوردوو بوو، ژیرو زاناو کارا بوو، هەر بۆیە دوژمن چەندین جار هەوڵی گرتن و لەناوبردنی داوە، چەندین مانگ، چەندین جار، لە زیندانەکانی حوکمی رەفتار فاشیستی بەغدا توشی پیسترین جۆری ئازاردان و دڕندانەترین شێوەی لێدان و ئەشکەنجە هات، بەڵام دوژمن نەیتوانی تەنانەت یەك تاکە پیتیشی پێ بدرکێنێ. هەر بۆیە نەیاندەکوشت چونکە دەیانزانی لێپرسراوێکی گرنگەو نهێنییەکی زۆری لەلایەو پێ ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی گرتنی هەزاران هەزار تێکۆشەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی دەیان رێکخستن. بۆیە هەر درێژەیان بە ئازاردان و ئەشکەنجەدانی دەدا تا لە لێبوردنێکی گشتیدا رزگاری بوو.

هەڤاڵ جەمال نەك هەر مامۆستای رێکخستن و چالاکییە پیشەیی و سیاسییەکان بوو، بەڵکو فەرماندەیەکی لێهاتووی چالاکیی پێشمەرگانەش بوو، لە رێکخستن و رێبەری کردنی چالاکیی پێشمەرگانەی ناو شارەکاندا دەورێکی کاریگەری هەبوو. هەروەك پاشان لە بەڕێوەبردنو سەرپەرشتی کردنی شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا لەگەڵ دوو دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان لە ناوچەی گردەبێناس، جەمالەددین، باوزێ و گەناو دوپاتی کردەوە کە فەرماندەیەکی ژیرو قارەمانی پێشمەرگایەتیشە لە دەرەوە. لەمەشدا بە کردەوە دەری خستەوە کە خەباتی شۆڕشگێڕانە لە هەموو کوردستاندا بە ئەرکێکی پیرۆزو واجبێکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانە دەزانێ. هەروەك دوپاتی کردەوە کە باش لە مانای راستەقینەی دروشمە راستەقینەکەی هەموو لایەك گەیشتووە، واتە دروشمی «ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن» و باش لەو راستییە گرنگە گەیشتووە کە شۆڕشگێڕی راستەقینە بەشداریی کاریگەرانەی لە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکەی خۆی و نەتەوەکەی خۆیدا دەکا، ئەویش بە پەرەپێدان و گەشەپێدانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جوتیاران و رەنجدەرانی گەلەکەی خۆیداو پەرەپێدان و گەشەپێدانی شۆڕشە نیشتمانییەکەی خۆیداو بە بەستنەوەو گرێدانەوەیان بە خەباتی رەنجدەرانی وڵاتانی دەوروبەرو دنیاوەو بە یارمەتیدانی شۆڕشگێڕان و خەباتگێڕەکانیان، بەڵێ بەم رێگە عەمەلییە، دەتوانێ بەشداریی راستەقینە لە خەباتی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیادا بکات و ئا ئەوەهاو بەو جۆرەش دروشمە دێرینەکە دێنێتە دی. بەڕاستی لەو کۆڕەشدا، لە کۆڕی هاوبەخەباتیی راستەقینەداو لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردستان و عیراق و وڵاتانی دراوسێشماندا مامۆستا جەمالی نەمر رۆڵەیەکی دڵسۆزو بەپەرۆشی رەنجدەران و شۆڕشگێڕانی کوردستان بوو.

پێشمەرگە قارەمانەکان

خوشك و برایانی خۆشەویست

لەدەستدانی مامۆستا جەمال تاهیر رۆڵەی هەڵکەوتووی گەلەکەمان و سەرکردەی وریاو بەتواناو ژیری کوردایەتی و شۆڕشەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەك هەر زیانێکی گەورە بوو بۆ هەموویان، بەڵکو کەلێن و کەلەبەرێکی دیاریشی لە ریزی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەو شۆڕشەکەمان بەجێ هێشت، بەتایبەتی لەو قۆناغەدا کە قۆناغی پەرەسەندن و گەشەکردنی شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و قۆناغی گەشەپێدانی رێکخستن و خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییە، هەروەك قۆناغی هێرش هێنانی دڕندانەی داگیرکەرانە بۆ سەر جوڵانەوەی رزگاری و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان و بۆ سەر

شۆڕشی کوردستان.

لەبەر ئەوە، لەسەر هەموومان پێویستە کە ئەو هاوڕێ نەمرەمان هەر بە ئەشك و فرمێسکەوە بەڕێ نەکەین، هەر ئاخ و ئۆف و داخ و مخابن وێردی زمانمان نەبێ بەڵکو لەسەرمان پێویستە کە درێژە بدەین بە خەباتی شۆڕشگێڕانەمان، بە خەباتی پێشمەرگانەو سیاسیمان، بە گەشەپێدانی شۆڕش و ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێکخستنەکانی خوێندکاران و مامۆستایان و نوسەران و ئافرەتان و بوژاندنەوەو گەشەپێدانی خەباتی چینایەتیی کرێکاران و جوتیاران و رەنجدەران و ژیاندنەوەو گەشەپێدانی ڕێکخراوە چینایەتییە پیشەییەکانیشیان.

پێویستە زۆرتر خۆمان ماندوو بکەین، پتر لەخۆبوردەیی بنوێنین، لە هەموو جۆرە فیداکاری و گیانبازییەك نەسڵەمینەوە، هۆشیارانەو ژیرانەو بە پشوی شۆڕشگێڕانەی درێــژەوە ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی خۆمان ببڕین تا دەگەینە پۆپەی سەرکەوتن، تا گەل و نیشتمان رزگار بکەین لە حوکمی بورژوازیی بیرۆکراتی شۆڤێنیی رەفتار فاشیست کە دوژمنی سەرسەختی کوردو کوردستان و نەتەوەی کوردو نەتەوەی عەرەبە، تا حوکمێکی دیموکراتیی گەلی و سەربەخۆیی بۆ عیراق و دیموکراسی بۆ گەلەکەمان و مافی چارەی خۆنوسین بۆ نەتەوەکەمان دابین بکەین. دیارە ئەمەش ناچارمان دەکات چاکتر درێژە بە خەباتی سەختی پشوودرێژ بدەین بۆ سازدانی هەموو هێزو توانای گەلەکەمان و سازدانی هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکرات و شۆڕشگێڕەکان لە بەرەیەکی نیشتمانیی عیراقیی فراواندا بۆ ڕێبەری کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەموو گەلی عیراقمان لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و حوکمی دیکتاتۆری دوژمن بە گەل.

هەڤاڵان

خوشك و برایانی تێکۆشەر

شۆڕشگێڕان کردویانە بە عادەت کە شەهیدبونی هەڤاڵانی سەرکردەو هەڤاڵانی خەباتگێڕی خۆیان بکەن بە موناسەبەیەکی تر بۆ دوپات کردنەوەی بەڵێن و پەیمانەکەیان لەگەڵ بیروباوەڕو ڕێبازو جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان، لەگەڵ گەل و نیشتمان و شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی خۆیان، کە تا دوا هەناسەی ژیانیان دڵسۆزیان بن و بەپەرۆش بن بۆ سەرکەوتنیان، تا مردن یان سەرکەوتن لەپێناویاندا بجەنگن. هەر بەمەش گیانی پاکی شەهیدانی خۆیان، شەهیدانی وەك مامۆستا جەمال، شادو بەختیار دەکەن و خوێنی گەشیان بەفیڕۆ نادەن و ڕێبازو بیروباوەڕیان ون ناکەن.

وا ئێمەش بەڵێن و پەیمان دوپات دەکەینەوەو بە تەرمی پیرۆزی مامۆستا جەمالی خۆشەویستمان و هاوڕێی خەباتگێڕمان سوێند دەخۆین کە تا بەدی هێنانی هەموو ئەو ئاوات و ئامانجەی ئەو گیانی پاکی لەپێناویاندا بەخت کردووە، درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیریی خۆمان بدەین شان بە شانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عیراق و کوردستان لە هەموو کات و ساتداو بە هەموو شێوەو جۆرێك.

نەمری و سەروەری بۆ مامۆستا جەمالی هەمیشە زیندوو لە دڵی گەورەی کوردو کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

سەرکەوتن بۆ شۆڕشەکەمان و سەربەرزی بۆ هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

١٩٨٣/٧/١٦

## جەمال حەکیم ئاغا



تێکۆشەری دێرین و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی جەمال حەکیم سەعید ئاغا، ناسراو بە مامە جەمال. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٣ی شاری سلێمانی. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر ناوچەی شارباژێڕ. یونس ئاغای باپیرە گەورەی لە سەدەی هەژدەهەمدا لەگەڵ دروستکردنی شاری سلێمانی لەسەر دەستی برایم پاشای بابان، شارباژێڕی بەجێ هێشتووە و لە سلێمانی نیشتەجێ بووە. بە هۆی ئەمەوە، بنەماڵەکەی بە یەکێ لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی دەژمێردرێ.

هەرچەند دەرچوی قۆناغی ناوەندیی خوێندن بووە، بەڵام ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و روناکبیریی هەبوە و هیچ کات لە بزوتنەوەی کوردایەتی دانەبڕاوە. ژیانی سیاسیی لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دەستی پێ کردووە، کاتێك لە ساڵی ١٩٤٨ دا لە ڕێگای حیلمی عەلی شەریفەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو بۆتە کادیرێکی هەڵسوڕاو و چالاك.

هەرچەند جەمال حەکیم ئاغا لە بنەماڵەیەکی زەویداری ئۆرۆستۆکرات بووە، بەڵام هەڵگری بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە بووە و چەوساندنەوەی جوتیارانی لە لایەن ئاغاکانەوە ڕەت کردۆتەوە. لە پەنجاکاندا پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ تاڵەبانی دروست کرد و بووە جێ متمانەی.

ساڵی ١٩٦١ بەشداریی لە بزوتنەوە چەکدارییەکەی دژ بە حکومەتی جەنراڵ عەبدولکەریم قاسم کرد و لێرە بەدواوە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی ١٩٦٤ دوا بە دوای تەقینەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان باڵی خێڵەکی-راستڕەوی سەرۆك و باڵی پێشکەوتنخوازی چەپی مەکتەبی سیاسی، پشتیوانیی لە باڵی پێشکەوتنخوازی چەپ کرد. پاش زیادبونی فشاری عەسکەری لەسەر یەکە چەکدارەکانی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی، لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو باڵە و ژمارەیەك کادیر، کشایەوە بۆ ناو خاکی ئێران و ماوەیەك لە شاری هەمەدان مایەوە. دواتر گەڕایەوە بۆ کوردستانی عیراق و بەشدار بوو لە هەوڵەکانی گێڕانەوەی تەبایی، بەڵام ئەو هەوڵانە هیچیان لێ سەوز نەبوو و پەیوەندیی نێوان هەردوو باڵ گەیشتە قۆناغێکی گرژتر.

ساڵی ١٩٧٠، دوا بەدوای بەیاننامەی ١١ی ئازار، پشتیوانیی لە هەوڵەکانی یەکخستنەوەی هەردوو باڵی رکابەر کرد. ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ ئاشتبونەوە و تێکهەڵکێشبونی هەردوو باڵدا، وەك کادیر لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کرد و پلەی جێگری لێپرسراوی ناوچەی زمناکۆی پێ درا.

ساڵی ١٩٧٤، دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەسهێنانی شۆڕش لە ئازاری ١٩٧٥، لەگەڵ هەزاران کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە ئاوارەی ئێران بوو. هەرەسهێنانی کتوپڕی شۆڕش زۆر کاری تێکرد، بەڵام پێی وا بوو هەلومەرجی پاش هەرەسهێنانی شۆڕش، پێویستی بە میکانیزمی تازەیە بۆ درێژەدان بە کاری سیاسی. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو بەشدار بوو لە کۆبونەوەی کادیرەکان لە ورمێ لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا لە نیسانی ١٩٧٤ کە ژمارەیەك کادیری عەسکەری و مەدەنیی هەردوو باڵی پێشووی

پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدار بون تێیدا، لەوانە عەلی عەسکەری، خالید سەعید، عەلی هەژار، عومەر مستەفا، کەمال محێدین، تاهیر عەلی والی. کۆبونەوەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە هەوڵ بدرێ حزبێك یان ڕێکخراوێك لە ناو وڵات پێك بهێنرێ. رای زاڵ بەسەر کۆبونەوەکەدا ئەوە بوو کە کارکردن لە ئاوارەییدا خزمەتی مەسەلەکە ناکا و نابێ ئەزمونی فەلەستینییەکان دوبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی کورد نەبێتە گەلێکی ئاوارە.

پاش دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ناو وڵات بە شێوەیەکی نهێنی، جەمال ئاغا سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی لقی سلێمانیی کرد و تەونێکی ڕێکخراوەیی باشی دروست کرد. ساڵی ١٩٧٩ کاتێك بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا بۆوە، لە پێنج لقەکەی هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، دهۆك و بەغدای بزوتنەوەی سۆسیالیست، چوار لق جیا بونەوە و تەنها لقی سلێمانی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوە. بە هەوڵی تاڵەبانی و عومەر مستەفا، پلان بۆ بوژاندنەوەی باڵی بزوتنەوەی سۆسیالیست دانرا و بەرە بەرە ژمارەیەك کادیری پێشکەوتوی ناو شارەکان، لەوانە جەمال ئاغا، شارەکانیان بەجێ هێشت و پەیوەندییان بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. بەپێی پلانەکە، سەرکردایەتییەکی تازە بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیست پێك هێنرا کە یەکێ لە ئەندامەکانی جەمال ئاغا بوو.

ساڵی ١٩٨٠ لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوزەنگ، کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەسەر بەرکەوتەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

ساڵی ١٩٨٢ پرۆژەی یەکخستنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاتە ئاراوە. لە یەکخستنەکە، ڕێکخراوێکی تازە بە ناوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێك هات کە سەرکردایەتییەکی یانزە کەسیی هەبوو، یەکێکیان جەمال ئاغا بوو.

ساڵی ١٩٨٣ لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا کە لە گوندی خەتێ لە ناوچەی خۆشناوەتی بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٨٨ لە هێرشە کیمیاییەکەی فڕۆکەکانی عیراق بۆ سەر گوندی شاناخسێ لە ناوچەی شارباژێڕ، بە سەختی بریندار بوو. بۆ چارەسەر، برایە ئێران و پاشان لە قاسمە رەش کە بارەگای مەکتەبی سیاسیی لێ بوو، گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٩ بۆ تەواوکردنی چارەسەر لە چەکی کیمیایی، چوو بۆ بریتانیا.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لەم رووەوە کرایە نوێنەری تاڵەبانی لە مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٣ کرایە لێپرسراوەی مەکتەبی یاریدەدەرانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوەندا، بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەو ئەنجومەنە دانرا. لە یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەندا لە ٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٠دا، ئەو یەکێ لە ئەندامانی دەستەی سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکە بوو.


لە ٢ی ئازاری ٢٠٢٠دا پاش ململانێیەکی سەخت و درێژخایەن لەگەڵ نەخۆشیدا، لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

*یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

*کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.


# جەمال عەبدول



نوسەر و روناکبیر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٠ی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی. لەپێنج ساڵیدا خراوەتە حوجرەو لەلای شێخ محێدینی قازانقایە خوێندویەتیو دواتر لە شەش ساڵیدا خراوەتە خوێندنگەی ئەیوبیەو ساڵی ١٩٥٧ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٥٨ لە بەشی کیمیای کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیرا. لەوێ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و لە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانو یەکێتیی لاوانی کوردستان چالاکییەکی بەرچاوی نواند. ساڵی ١٩٦٣ خوێندنی زانکۆی تەواو کردو لێپرسراوەتیی لقی سلێمانیی یەکێتیی قوتابیانی پێ سپێردرا. ساڵی دواتر بە مامۆستا دامەزرا. لەم قۆناغەی ژیانیدا دەستی بە وەرگێڕان و کورداندنی زاراوە عەرەبیو لاتینییەکان کرد، بەتایبەتی ئەو زاراوانەی کە خوێندکارانی خوێندنگەکان پێویستیان پێ بوو. ئەمەش، دواتر، بووە یەکێ لەو بوارانەی کە دەسترەنگینیی تێدا نواند. ساڵی ١٩٦٥ بووە ئەندام مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان. ساڵی ١٩٧١ بووە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو زۆر مەراقی بوو هەڵگیرسانەوەی شەڕ تەگەرە لە پرۆسەی خوێندن نەدا، بۆیە لە پێنجوێن لە دواناوەندیی شارەکە دەستی بەوانەوتنەوە کرد. پاش دامەزراندنی




دەزگا کارگێڕییەکان لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق، کرایە یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانیو کەرکوك و هەر لەو ماوەیەدا چەند کتێبێکی خوێندنی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی تاکو لە خوێندنگەکانی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق بخوێندرێن. ساڵی ١٩٧٥ دوا بە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانیو چۆوە سەر پیشەی مامۆستایەتی.

پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، لە مانگی ئەیلولدا کرایە پارێزگاری سلێمانیو تا ئازاری ١٩٩٤ بەردەوام بوو لەسەر ئەم پۆستە. لە تەموزی ١٩٩٤ بووە وەزیری رۆشنبیری لەسەر پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاش پێکهێنانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئابی ١٩٩٩ لەم پۆستە مایەوە.

لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ بووە یاریدەدەری

تاڵەبانی بۆ کاروباری پەروەردەو روناکبیری‌و خوێندنی باڵا لەسەرۆکایەتیی هەرێمی ئیدارەی سلێمانی.

چالاکییە رۆشنبیرییەکانی عەبدول رۆڵێکی دیاریان لە دەوڵەمەندکردنی رۆشنبیری‌و زمانی کوردیدا هەبووە. لە بواری وەرگێڕانی کتێبە زانستییەکانی خوێندندا، بەتایبەتی کیمیاو ماتماتیك، رۆڵێکی باڵای هەبووە، سەرباری بەشداربونی لە وەرگێڕانی چەندین کتێبی تری خوێندن لە بواری زەینەدەوەرزانی‌و دروستیی مرۆڤ‌و بابەتی تردا.

بە چەند فەرهەنگێکیش کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند کردووە، لەوانە «فەرهەنگی زیوار» کە نزیکەی ٧٠٠٠ زاراوەی کیمیاو فیزیاو ماتماتیکی قۆناغی زانکۆی بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی‌و عەرەبی‌و کوردی گرتۆتە خۆو ساڵی ١٩٩٥ دەرچووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٩دا بەرگی یەکەمی ئینسکلۆپیدیای کیمیاو لە ساڵی ٢٠٠١دا بەرگی دووەمی بڵاوکردەوە. ساڵی ٢٠٠٦یش لە دوتوێی ٨٤٢ی لاپەڕەدا «فەرهەنگی راگەیاندن»ی بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی بڵاوکردەوە. ئەم فەرهەنگە کە دەوروبەری ١٦ هەزار زاراوەی گرتۆتە خۆ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەمە.

## جەمال عەلی باپیر*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندەی هەرێم. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥ی سلێمانی. لە خوێندنگەدا وەك وەرزشەوانێکی بەتوانا دەرکەوت و یەکێکیش بوو لە ئەندامە چالاکەکانی دیدەوانیی شاری سلێمانی.

ساڵی ١٩٥٩ چۆتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوەو پاشان پەیوەندیی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٢ بۆتە پێشمەرگەو بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا لە بادینان، شارباژێڕ، پێنجوێن و گوندەکانی بازەگیر و مۆکەبە و چیای ئەزمەڕ کردووە.

لە سەروبەندی تەقینەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کردو پاش شەڕەکانی ماوەت لەگەڵ ئەم باڵەدا چوو بۆ ئێران و لە هەمەدان گیرسایەوە. ساڵی ١٩٦٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا و گەڕایەوە بۆ سلێمانی و دوو تیپی وەرزشی لە هەردوو گەڕەکی ئیسکانی سەروو و خواروو دامەزراند. ساڵی ١٩٦٦ هەردوو تیپی تێکەڵ بەیەکتری کردو یەك تیپی بە ناوی تیپی کەمال سەلیم لە هەردوکیان پێکهێنا. لە ژیانی وەرزشکارانەیدا توانی ناوبانگ بۆ خۆی دروست بکاو لە ڕاکردنی سەد مەتریدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا.

ساڵی ١٩٦٩ لە خولێکی تایبەتدا بووە کۆمیسێری پۆلیس و لەم سەروبەندەدا ژیانی پیشەیی و ژیانی وەرزشکاریی تێکەڵ بە یەکتر کردو بووە یەکێ لە یاریزانەکانی تیپی وەرزشەوانیی پۆلیس.

لەو قۆناغەدا ئاشنایی لەگەڵ بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی پەیدا کرد. ئەمەش هانی دا پەیوەندی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە بکا. لەو ماوەیەدا وەك کۆمیسێری پۆلیس لە حیللە، دهۆك و سلێمانی خزمەتی کردووە. ساڵی ١٩٧٤ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراق، بووە پێشمەرگەو لە شەڕەکانی

زمناكۆو حەوزی رەواندزدا بەشدارییەکی کارای کردو لەم سەروبەندەدا لە هێزی ئەزمڕ کرایە سەرلق.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بە دوای هەرەسهێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی. بەڵام حکومەت نەیگەڕاندەوە سەر پیشەکەی خۆی وەك کۆمیسێری پۆلیس، بۆ باشوری عیراق دوری خستەوەو کردییە کارمەند لە فەرمانگەی پۆستە لە شاری بەسرە. لەوێ پەیوەندیی رێکخراوەیی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەران دروست کردەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥دا کەوتە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی عیراقەوەو جارێك لە سلێمانی هەوڵی گرتنی درا. هەوڵەکە سەری نەگرت، بەڵام ناچار بوو خۆی بشارێتەوەو چەند مانگێك لە گەڕەکەکانی ملکەندی، کانێسکان و توی مەلیك بە شاردراوەیی ژیان بەرێتە سەر.

لە تەموزی ١٩٧٦دا لە چوارچێوەی ئەو پلانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار دانابوو، بەشداریی لە پلانەکەدا کرد، لە دۆڵی جافەتی مەفرەزەیەکی سەرەتایی پێکهێناو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە. ساڵی ١٩٧٧ کرایە فەرماندەی کەرت و پاش پێکهێنانی هەرێمی ٤ کرایە جێگری فەرماندەی هەرێمەکە. لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا کرد لە ماوەت و دۆڵی جافەتی و شارباژێرو دوکان.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ ئەو هێزانەی کە نێردرانە سەر سنوری عیراق- تورکیا، نێردرایە دۆڵی خواکورك لە سێگۆشەی سنوری عیراق- تورکیا- ئێران و بەشداریی لەو ئۆپەراسیۆنەدا کرد کە لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە «ئۆپەراسیۆنی هەکاری» ناسراوەو ئامانجەکەی دەست راگەیشتن بوو بەو بڕە چەکەی کە پلان دانرابوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە.

لەو ئۆپەراسیۆنەدا توشی چەرمەسەرییەکی زۆر هات. ئەگەرچی ئەو هێزەی کە بۆ سەر سنوری عیراق- تورکیا نێردرابوو، لەم ئۆپەراسیۆنەدا تەفروتونا بوو، بەڵام ئەوو حەوت پێشمەرگەی تر خۆیان دەرباز کردو خۆیان گەیاندە بنکەی سەرکردایەتی لە قەندیل. هەر لەوێ تاڵەبانی پلەکەی لە جێگری فەرماندەی هەرێمەوە، کردە فەرماندەی هەرێمی چوار.

ساڵی ١٩٨١ وەك کادیرێکی پێشکەوتوی کۆمەڵەی رەنجدەران، بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەدا کرد کە لە ٧ی ئایاردا لە مالیمۆس بەسترا.

لە ٢٣ی ئابی ١٩٨١دا لە کانیە رەشەی نزیك گوندی سێکانیانی دۆڵی جافەتی، لە پێکهەڵپژانێکدا لەگەڵ هێزێکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە فەرماندەیی شێرکۆ شێخ عەلی، خۆی و شەش پێشمەرگە شەهید بوون، لە حزبی سۆسیالیستیش شێرکۆ شێخ عەلی و پێنج پێشمەرگە شەهید بوون.

## جەمال عەلی مارف*



پێشمەرگە. ناسراو بە جەماڵە رەش. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤ی شاری سلێمانی. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر خێزانێکی جوتیاری هەژاری گوندی حاجی مامەند لە ناوچەی بەرزنجە. لەبەر هەژاریی خێزانەکەی، نەیتوانی درێژە بە خوێندن بداو هەر ئەوەندەی پێ کرا کە تا قۆناغی ناوەندی بخوێنێ، بۆیە وازی لە خوێندن هێناو ملی دایە بەر کاسبی و کرێکاری.

هەر لە هەرزەکارییەوە هۆشیاریی نەتەوایەتی

و چینایەتیی پەرەی سەند بوو. ساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی بووە پێشمەرگەی ناوشارو لە یەکێ لە چالاکییەکانی ناوشار بە سەختی بریندار بوو.

ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٦ تەواوی هەوڵ و کۆششی خۆی بۆ پێکهێنانی یەکە چەکدارەکان و رێکخستنی رێکخراوی پێشمەرگەی ناوشار تەرخان کرد. لەو ماوەیەدا رۆڵێکی کارای لە رێکخستن و پڕچەک کردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شارباژێڕو سورداش و قەرەداغدا گێڕاوە.

بۆ یەکخستنی هەوڵەکان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، دوو جار سەفەری بۆ دەرەوەی وڵات کرد و لە هەردوو سەفەردا مەسەلەی رێکخستنی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی وڵات و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کاراتر کرد.

لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ چوو بۆ شاخ و ژیانی پێشمەرگایەتی دەست پێکردو لە چەند شەڕێکدا بەشداریی کرد لەوانە شەڕی گوندی باڕۆیی لە بازیان.

ساڵی ١٩٧٧ پێی راسپێردرا کادیرێکی باڵی وحدەتولقاعیدەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بگەیەنێتە ناو شاری سلێمانی. پاش ئەوەی ئەم ئەرکەی بەئەنجام گەیاند، لە ماڵێکدا خۆی شاردەوە، بەڵام دەزگا ئەمنییەکان پێیان زانی و دەستگیریان کرد. لە دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوک لێکۆڵینەوەی وردی لەگەڵدا کرا و خرایە ژێر ئەشکەنجەیەکی دڕندانەوە و هەر لەوێش بڕیاری لە سێدارەدانی درا. دواتر گوێزرایەوە بۆ بەندیخانەی موسڵ و لەوێ لە ٢٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ لەسێدارە درا.

لە وەسێتنامەکەیدا کە بۆ دایك و باوکی نوسیوە، گوتوویەتی: «کاتێك ئەم رێگایەم بۆ خۆم هەڵبژارد، زۆر باش دەمزانی ئەم رێگایە سەخت و پڕ لەهەڵدێرو نشێوو پڕ لە تەنگ و چەڵەمەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاك دەزانم سەرکەوتنمان راستییەکەو لەدەستدایە... بۆ من زۆر جێی شانازییە کە گەلەکەم وەك شەهیدێکی خۆی وەرم بگرێت. داوای لێبوردنیش لە گەلەکەم دەکەم کە نەمتوانی لەوە زیاتر خزمەتی بکەم».

## جەمالەددین محەمەد ئەمین



پێشمەرگە و دادوەری شۆڕش. ناسراو بە حاکم جەمالە سور. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی شێخ شێروان لە ناحیەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر. لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردوەو دواتریش بووە بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ساڵی ١٩٧٣ هەندێ بیروڕای سەبارەت بە ناکامیی وتووێژی نێوان کوردو رژێمی بەعس دەربڕی و هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی لەم رووەوە نیشاندا، بەڵام ئەم رەخنانە وەك بەشێك لە مافی ئازادیی رادەربڕین لێی وەرنەگیران و لەم سۆنگەیەوە بۆ ماوەی ٤ مانگ لەبەندیخانەی رایات زیندانی کرا.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی بەعس، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لەچۆمان گیرسایەوە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو. ماوەیەك




لەوێ مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ هەولێر، خوێندنی دواناوەندیی تەواو کردو لە کۆلێجی یاساو سیاسەت لە زانکۆی بەغدا وەرگیرا. لەوێ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لەپاڵ سەرقاڵبوونی بە خوێندن لەزانکۆ، لە پەیمانگای بەریتانیش لە بەغدا دەستی بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی کرد.

دوای تەواو کردنی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو وەك دادوەر لەدادگای شۆڕش لە زەڵێ دامەزرا. لەو ماوەیەدا هەندێ وتارو دوو نامیلکەی بڵاو کردەوە، یەکێکیان تایبەت بوو بە تاوتوێ کردنی پرسی مافی چارەی خۆنوسین وەك مافێکی سروشتیی گەلانی چەوساوە. لەسەروبەندی پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاواییەکانیش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، بیروڕاکانی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕی، پشتگیریی ئەزموونەکەی کردو بە هەنگاوێکی دیموکراتییانەی دایە قەڵەم. لە ساڵی ١٩٨٤دا لە دوتوێی وتارێکدا هەڵسەنگاندنێکی وردی بۆ ئەزموونی ئەنجومەنی ئاواییەکان کرد.

ساڵی ١٩٨٣ گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی ٣و لەبالیسان بووە دادوەری سنوری تیپی ٨٥ی بەرانەتی. ساڵی ١٩٨٤ وەك دادوەر گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی ٤و لەگوندی سماقوڵی گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو دوای کۆڕەوە مەزنەکە بووە سەرۆکی دادگای شۆڕش لە شەقڵاوەو لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە بەستنی کۆنگرەی نوسەرانی کورد لە شەقڵاوە کرد.

دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر، بەشداریی لە دەرکردنی رۆژنامەی کوردستانی نوێ کرد کە یەکەم رۆژنامەی رۆژانەیە پاش راپەڕین، ساڵی ١٩٩٢ لە هەولێر سەرقاڵی دەرکردنی رۆژنامەیەك بوو بە ناوی «مافناس»و توانی ٤ ژمارەی لێ دەرکا. هەر ئەو ساڵە لە هەلومەرجێکی نادیاردا لە هەولێر تیرۆر کرا.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ئاوڕدانەوەیەك لە ئەنجومەنی ئاواییەکان» (١٩٨٤).

## جەمال هەروتی



رابەری سیاسی و پارتیزان و جێگری فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەک. ناوی تەواوی جەمال حەوێز مستەفا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی هەروتە

کۆنی ناوچەی ناحیەی خەلیفان لە قەزای سۆران. لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندەکەی خۆی خراوەتە بەر خوێندن و هەر لەوێ قۆناغی سەرەتایی خوێندنی تەواوکردووە. بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی، چۆتە هەولێر و لەوێ لە ساڵی ١٩٧٢ دا بۆتە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان.

ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ رەوی خەڵك بۆ ئێران لە سۆنگەی هەرەس هێنانی شۆڕشەوە، لەگەڵ خێزانەکەی چۆتە ئێران و لە ئۆردوگای ئاوارەکانی سەراب لە ئەهواز نیشتەجێ کراوە. بەڵام هەر ئەو ساڵە، وازی لە ژیانی ئاوارەیی هێناوەو گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و دەستی بە خوێندن کردۆتەوە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە، بەڵام دوای جیابونەوەی بزوتنەوە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩، وازی لێ هێناوە و پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە و بۆتە خوێندکار لە پەیمانگای کارگێڕیی بزنس لە هەولێر.

ساڵی ١٩٨١ بە هۆی ئاشکرابونی رێکخستنە نهێنییەکانەوە، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو هەر ئەو ساڵە کرایە رابەری سیاسی لە یەکێ لە کەرتەکانی هەرێمی ١٢ی سۆران. ساڵی دواتر وازی لە کاری رێکخراوەیی هێنا و کرایە فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی مەڵبەندی ٤ لە بالیسان. ساڵی ١٩٨٥ بە پلەی فەرماندەی کەرت گوێزرایەوە بۆ کەرتی ١ی تیپی ١٩ی کۆڕەك.

لە ساڵی ١٩٨٨دا لە تاران بەشداریی لە خولێکی فەرماندەییدا کرد کە بەپێی رێککەوتنێك لەگەڵ قەرارگای رەمەزانی سوپای پاسدارانی ئێران، بۆ ٧٠ کادیری عەسکەریی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێك خرابوو. پاش تەواوبونی خەلەکە، کرایە جێگری فەرماندەیی تیپی ١٩ی کۆڕەك.

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، بەشدار بوو لە جموجۆڵی پارتیزانیی هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی مەلەکان لە سنوری ناحیەی خەلیفان. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو لە ئۆردوگای باسرمەی قەزای شەقلاوە نیشتەجێ بوو، بەڵام هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەوە کردەوە.

ساڵی ١٩٩١ لە چوارچێوەی پلانی رێکخستنە نهێنییەکانی شارەکاندا بەشداریی لە راپەڕیندا کرد، هەروەك بەشداریی لە ئۆپەراسیونی رزگارکردنی کەرکوکیشدا کرد.

پاش راپەڕین بووە بەرپرسی هێزی ٢٥ ی ئیرۆن. ساڵی ١٩٩٣ لێپرسراوەتیی کۆمیتەی رێکخستنی هەریری گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٩٤ دا کرایە جێگری فەرماندەی لەشکری هەورێ. ساڵی ١٩٩٧ دوای شەهیدبونی نەجم ئەحمەد حسێن ناسراو بە مەلا نەجم لە بەنی هەریر لە کاتی هەڵسوڕانی ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا، کرایە فەرماندەی فەرماندەیی بالیسان. ساڵی ٢٠٠٠ لێپرسراوەتیی فەرماندەیی پشدەری گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠١ بووە کارگێڕی فەرماندەیی گشتی و سەرپەرشتیاری هەردوو فەرماندەیی پشدەر و باڵەك. ساڵی ٢٠٠٣ کرایە جێگری فەرماندەی لیوای ١٦ی سوپای عیراق. ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* تاران (خولی فەرماندەیی).

## جەمال یوسف مەحمود بۆتانی



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیو پەرلەمانتار. ناسراو بە کاروان بادینی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی شاری زاخۆ. ساڵی ١٩٦٢ لە زاخۆ خرایە بەر خوێندن بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣دا لەبەر گرتنی باوکیو دورخستنەوەی بۆ حیللە لەسەر پارتایەتیو کوردایەتی، ناچار بوو ئەو ساڵە واز لە خوێندن بێنێ. دواتر گەڕایەوە سەر خوێندن و لە حیللە و زاخۆ خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد. ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، لەگەڵ باوکی پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو وازی لە خوێندن هێنا.

بەشێکی گرنگی ئەو ماوەیەی لە ئۆردوگای ئاوارەکانی پێنجوێن بەسەر بردو هەر لەو ماوەیەشدا وردە وردە لەبیروباوەڕی چەپو پێشکەوتنخوازی نزیك بۆوە، بەتایبەتی کە ئۆردوگاکە ژمارەیەك کادیری گورجو گۆڵی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی لێ بوو کە بە شێوەیەکی سیستماتیك کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە دەکرد. بەهۆی یەکێ لەو کادیرە هەڵسوڕاوانە کە مەلا بەختیارە، گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر شێوەی بیرکردنەوەیدا هات و وردە وردە نۆڕینی بۆ مەسەلەکان قوڵترو رونتر بوو.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەك لە ئێران مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ زاخۆو خوێندنی ناوەندیی لە ساڵی ١٩٧٦ تەواو کرد. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ژیانی سیاسیی دەست پێکرد.

لەو ماوەیەدا وەك فەرمانبەر بە پلەی نوسەر لەفەرمانگەی تەندروستیی دهۆك دامەزرا. ساڵی ١٩٧٩ خوێندنی ئامادەیی لە ئامادەیی ئێوارانی زاخۆ تەواو کرد. ساڵی ١٩٨٦ بە هۆی دروستبونی مەترسی لەسەر ژیانی وەك هەڵسوڕاوێکی رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بەتایبەتی پاش گیرانی هەندێ هەڵسوڕاوی رێکخستنەکان، پارێزگای دهۆکی بەجێ هێشتو بۆ ماوەی ساڵێك لە موسڵ خۆی شاردەوە.

لە ئازاری ساڵی ١٩٨٧ لە دۆڵی جافەتی پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو وەك کادیری راگەیاندن لە بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لەبەرگەڵوو کاری کردو لە هەمان کاتدا وەك ئەندامی کەرتی رێکخستنی بارەگاکانی ناوچەی سەرکردایەتی کاری رێکخستنیشی کرد، هەروەها لە کۆتایی ساڵەکەوە تا دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان سەرقاڵی کارکردن بوو لە دەزگای دارایی.

پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی سەر سنور، لەگەڵ بارەگای ئێزگە گواسترایەوە بۆ شاری سەقز و تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی لەوێ.


پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، وەك لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستن لە زاخۆ دەستبەکار بوو. ساڵی ١٩٩٣ وەك جێگری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە زاخۆ ئەرکەکانی گرتە ئەستۆ. پاش گواستنەوەی لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە بەکر فەتاح بۆ ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە ئیسپانیا، بووە لێپرسراوی مەکتەبەکە تا ساڵی ١٩٩٤. لەو ساڵەدا گوێزرایەوە بۆ سلێمانیو

لەوێ‌و لە ساڵی ١٩٩٧دا وەك ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن کاری کرد و هەر لەو ساڵەشدا دەستی بەخوێندن کرد لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە سلێمانی بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای لە زانکۆی سلێمانی وەدەست هێنا. دواتر وەك لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی ٤ی بادینان لە سلێمانی دەستبەکار بوو. پاش کردنەوەی بارەگای مەڵبەندەکە لەدهۆك، ڕۆڵێکی دیاری لە کردنەوەی بارەگاکانی یەکێتی لەزاخۆو ئامێدی‌و ئاکرێدا گێڕا.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی کوردستاندا بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردراو تا ساڵی ٢٠٠٩ لە لیژنەی مافی مرۆڤ کاری کرد. لە ماوەی ٢٠٠٩-٢٠١٠ دا لێپرسراوەتیی جێگری مەکتەبی ڕێکخستنی پێ سپێردراو لە ساڵی ٢٠١١دا بووە ئەندامی لیژنەی باڵای مەکتەبی ڕێکخستن.

## جەمیل ئەحمەد مەحمود*



کادیری ڕێکخستنەکانی ناو شار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شارۆچکەی دیبەگەی پارێزگای هەولێر. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە دیبەگە و ناوەندی‌و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەك کە لە کاری سیاسی‌و بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازو هەڵوێستی نیشتمانیدا قاڵ بۆتەوە. باوکی، کادیری باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو لە ساڵی ١٩٧٤دا، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو. ئامۆزای باوکی، مەحمود سەلمان، لە ساڵی ١٩٧٠دا، لە سۆنگەی فاکتەری سیاسییەوە، لە کەرکوك تیرۆر کراوە. برایەکیشی، مەجید، لە ساڵی ١٩٧٤دا، کاتێك کە پێشمەرگە بووە، لەگەڵاڵە لە بۆردومانی فڕۆکەدا شەهید بووە.

جەمیل ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵکو ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو. پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانەوە تەنانەت پاش دەستپێکردنەوەی شەڕیش لە ساڵی ١٩٧٤ هەر بەردەوام بوو. لە تشرینی یەکەمدا، نزیکەی شەش مانگ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ، لە هەولێکی دەزگای ئەمنی هەولێر بۆ دەستگیرکردنی رزگاری بوو. دوا بەدوای ئەمە، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش گیرسایەوەو لە یەکێ لە فەرمانگەکاندا بەکارمەند دامەزرا. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێر و دەستی بەخوێندن کردەوە.

ساڵی ١٩٧٦ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردو لە پەیمانگای کارگێڕیی زانکۆی سلێمانی وەرگیرا. هەر ئەو ساڵە لە سلێمانی پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لەسۆنگەی چوستو چالاکییەوە، لەو ماوەیەدا کەرتێکی ڕێکخستنی لە هەولێر بەڕێوە بردو ساڵی ١٩٧٨ کرایە ئەندامی کۆمیتەی ڕاپەڕین کە حەسەن کوێستانی لێپرسراوی بوو.

هەر ئەو ساڵە لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری‌و لاوان بەکارمەند دامەزرا بەڵام زۆری نەبرد وازی لە

کارمەندییەکە هێناو خۆی بۆ کاروباری ڕێکخستن تەرخان کرد. جموجوڵو چالاکیی گەرمو گوڕی، سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی ڕاکێشا.

لە تەموزی ١٩٧٩دا دەستگیر کراو خرایە ژێر ئەشکەنجەوە، بەڵام خۆی ڕاگرت و دانی بەهیچ نهێنییەکدا نەنا. دوای نزیکەی مانگو نیوێك بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ نەخشەی بۆ وەدەست هێنانی تایپو ڕۆنیۆیەك لە بارەگای ئەمینداریێتیی گشتیی پەروەردەو خوێندنی باڵای هەولێر دارِشت و نەخشەکە بە سەرکەوتویی ئەنجام درا بەڵام پاش نزیکەی شەش مانگ، دەزگا ئەمنییەکان ئەنجامدەرەکانی نەخشەکەیان دەستگیر کرد. بەمجۆرە، خۆیو شەش هاوڕێی بە ناوی تەحسین ڕەحمان فەرحان حەوێز، سەلیم ڕەشید ساڵح ئەحمەد، یوسف عومەر حەکیم گڕاوی، ئەحمەد برایم گڕاوی، حەکیم عوسمان مستەفا و عەزیز تۆفیق قادر لە هەولێر دەستگیر کران و ڕادەستی دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك کران.

گیراوەکان خرانە ژێر ئەشکەنجەدانێکی دڕندانەوە، بە ڕادەیەك کە یەکێ لەگیراوەکان، یوسف عومەر حەکیم گڕاوی، بە هۆی ئەشکەنجەوە گیانی لەدەستدا. گیراوەکان لەو دەزگایە دادگایی کران. جەمیل سزای لەسێدارەدانو تەحسین سزای گوللەباران کردنی بۆ دەرچوو، سەلیم ڕەشید ساڵح ئەحمەد بە ١٥ ساڵ زیندانیو ئەوانی تر بە زیندانی هەتا هەتایی حوکم دران.


جەمیل و تەحسین بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری لەسێدارەدان ڕەوانەی بەندیخانەی موسڵ کران. لەوێ لەگەڵ سێ گیراوی دیکەدا بە ناوی بەرزان عومەر عەلیو جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشیو عومەر میرزا شاسوار، بە هاوکاریی دوو پاسەوانی زیندان بە ناوی فازل و مەردان یوسف ئەلیاس کە کوردی ئێزدی بوون، بەشدار بوون لە دانانی نەخشەی بڕینی شیشی دەرگاکانو ڕاکردن لە زیندان. بەڵام جەمیل فریای تەواوکردنی نەخشەکە نەکەوت چونکە شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی ئایاری ١٩٨١ لەگەڵ دوو گیراوی دیکەدا بە ناوی جەمال قادر جوامێر ماوەتیو عەلی محەمەد ئەمین نەسروڵڵا سەید سادقی لەسێدارە درا.

دەزگا ئەمنییەکان تەرمەکەیان بە کەسوکاری نەدایەوەو نەشیانهێشت بنەماڵەکەی پرسەی بۆ دابنێن. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، تەرمەکەی ئەوو تەحسین ڕەحمان فەرحان حەوێزی ئاموزای لە٨ی تەموزی ٢٠٠٣ لە ڕێو ڕەسمێکی شکۆداردا هێنرانەوە بۆ نیشتمانو لە دیبەگە بە خاك سپێردرانەوە.


بابەتی پەیوەندیدار:

* موسڵ (ئۆپەراسیۆنی ڕاکردن لە زیندان).

## جەمیل ڕەنجبەر*



شاعیرو پێشمەرگە. ناوی تەواوی جەمیل ساڵح عەزیز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی گۆمەگرووی نزیك شارۆچکەی قوشتەپەی دەشتی هەولێر. لە خانەوادەیەکی جوتیاری هەژار بوو. لە هەرەتی منداڵییەوە ستەمی زەویدارەکان لە جوتیارە هەژارەکان کاریگەریی قوڵی لەسەر جیهانبینیو تێڕوانینی بۆ ژیان و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان بەجێ هێشت. ئەم ستەمە بەو ڕادەیە گەیشت کە زەویدارەکان خانەوادەکەیان لەلادێ دەرکرد. لەم سۆنگەیەوە لە تەمەنی




ده ساڵیدا، لەگەڵ خێزانەکەی لە هەولێر گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٥٨ خرایە بەر خوێندن لە گەڕەکی کوران. پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی، چووە خانەی مامۆستایان و لە ساڵی ١٩٧٠دا خوێندنی لەو خانەیە تەواو کرد.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٥ دەست پێدەکا، کاتێك بووە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٦٩ هەڵسوڕان و جموجوڵی، هاندەرێك بون بۆ گەیاندنی بەلێپرسراوەتیی لقی هەولێری یەکێتیی قوتابیان. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ئەندامی لقی هەولێری یەکێتیی قوتابیان دانرا.

ساڵی ١٩٧١ لە قەزای مێرگەسور بە مامۆستا دامەزراو لەوێوە بۆ خوێندنگەی گوندی باتاسی دەشتی هەریر گوێزرایەوە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە کردو وەك ئەندامێکی کارا لەو ڕێکخراوە ئەرکە پیشەییەکانی راپەڕاند. لەم قۆناغەی ژیانیدا زۆرتر بەرەو جیهانی چەپو بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە هەنگاوی هەڵهێنا.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دیار نیە بەڵام دەشێ ساڵێك یان دوو ساڵ پاش دامەزراندنی کۆمەڵە پەیوەندیی کردبێ. هاوەڵەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەو ماوەیەدا هەڵسوڕاوێکی زرنگی ناو ڕێکخستنەکان بووە. ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە سەر پیشەی مامۆستایەتی لە هەولێر. ساڵی ١٩٧٦ بە سکرتێری لقی هەولێری کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی هەڵبژێردرا کە لەو سەردەمەدا چالاکترین ڕێکخراوی پیشەیی کورد بوو لە بواری هونەرو وێژەدا.

دەرکەوتنی بەهرە شیعرییەکەی بۆ ساڵی ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە. یەکەم دیوانە شیعری لە ساڵی ١٩٦٨ بە ناونیشانی «رازو سکاڵا» بە چاپ گەیاند. شیعرەکانی دواتری، زۆرتر رەنگدانەوەی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکەی بونو لەم سۆنگەیەوە بیری چینایەتیو نەتەوایەتی تیایاندا تێکەڵ بەیەکتری دەبنو گوزارشت لەخەمو ئاواتی هەژارانو چەوساوەکان دەکەن. بەشێکی زۆری شیعرەکانی لە زیندانی ئەبوغرێب و قۆناغی پێشمەرگایەتیدا نوسیوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ دەزگا ئەمنییەکان دەستگیریان کرد. بۆ ماوەی مانگو نیوێك شوێنبزر کرا. لەو ماوەیەدا خۆی راگرت و هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنەکانی نەدرکاند، هیچیشی لەسەر ساغ نەبۆوە، بۆیە ئازاد کرا. هەمان ساڵ لە شاڵاوی گرتنی ئەندامانی کۆمەڵە لە هەولێر، لە مانگی ئایار

گیرایەوەو ١٠ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێنرا.

ساڵی ١٩٧٩ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا. پاش چوار مانگ لە ئازادکردنی، لەکانونی یەکەمدا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. هاوینی ساڵی دواتر کرایە کارگێڕی لقی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەم روەوە لە سنوری هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر وەك کادیر ئەرکەکانی خۆی لە ناوچەکانی خۆشناوەتیو دەشتی هەولێرو کۆسرەت بە ڕێکوپێکی بەئەنجام گەیاند. هەمان ساڵ بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی ناوچەی هەولێری کۆمەڵەی رەنجدەران هەڵبژێردرا.


لە١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠دا لە کاتێکدا لەگەڵ هێزێکی گەورەدا لە ناوچەی سەرکردایەتییەوە بۆ سنوری هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر دەگەڕایەوە، لە نزیك گوندی پیرانە رەشی ناوچەی پشدەرە رەقە دوو هەلیکۆپتەر گەیشتنە سەر هێزەکەو بە شەستیر و دۆشکا لە هێزەکەیان دا، لە ئەنجامدا ٩ پێشمەرگە شەهید بون، لەوانە جەمیل رەنجبەر و ١٢ی تریش بریندار بون.

پاش شەهیدبونی، یەکێتیی نوسەرانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨١ دیوانە شیعرێکی ئەوی بە ناونیشانی «روبارێکی خوێناوی» لە دوتوێی ٤٤ لاپەڕەدا بڵاوکردەوە.

## جەمیلە مەحمود کەریم

کادیری دێرینی ڕێکخستنو ئەندامی مەکتەب. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی شارۆچکەی زوبێری پارێزگای بەسرە. باوکی، سەربازی سوپای عیراق بووە، گومانی لێ کراوە






کە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، بۆیە لە رەواندزەوە گواستراوەتەوە بۆ فاوو لەم سۆنگەیەوە بەماڵەوە چووە بۆ بەسرە. ساڵی ١٩٧٠ ماڵیان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. هەردو قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیی لە سلێمانیو قۆناغی ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆ تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە سەرەتادا پەیوەندیی راستەوخۆی بە ڕابەری سیاسیی تیپی ٣٧ی شارباژێڕەوە بوو، دواتر گواسترایەوە بۆ ڕێکخراوی سلێمانیو لە کەرتی جەمال تاهیر کاری کرد. ساڵی دواتر گواسترایەوە بۆ کەرتی ڕێکخستنی لەیلا قاسم. ساڵی ١٩٨٤ بووە لێپرسراوی شانەو ساڵی ١٩٨٧ بووە لێپرسراوی شانەی سەرەکیی شەهید سنەوبەر کە ژمارەی ئەندامەکانی ١١ ئافرەت بوو. ساڵی ١٩٩٠ دوا بە دوای گیرانی لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی

لەیلا قاسم ، دەزگا ئەمنییەکان ، بەهۆی هەندێ نامەوە کە ناوی جەمیلەی تێدا هاتبوو کەوتنە گەڕان بەشوێنیدا. ئەمەش ناچاری کرد تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ خۆی حەشار بدات.

ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. ساڵی ١٩٩٧ بووە کادیر لە مەکتەبی مافی مرۆڤ‌و لە ساڵی ٢٠٠٠دا بووە لێپرسراوی لیژنەی سلێمانیی مەکتەبەکە. ساڵی ٢٠٠٥ پلەی ئەندامی مەکتەبی پێ بەخشرا. لە ماوەی دەستبەکاربونی وەك کادیرو ئەندامی مەکتەبی مافی مرۆڤ، هەڵسوڕانێکی دیاری لە بواری ڕاگەیاندندا نواند. لە ماوەی نێوان ١٩٩٨-٢٠٠٣دا، ١٥٦ ئەڵقەی بەرنامەی «مافی مرۆڤ» ی بۆ ڕادیۆی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی‌و ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ئامادە کردووەو لە ساڵی ١٩٩٩ دا چەند ئەڵقەیەکی بەرنامەیەکی بەهەمان ناونیشان بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئامادە کردووەو هەروەها بەشدار بووە لەچەند خولو سیمینارێکی تایبەت بەمافی مرۆڤ کەبۆ کۆمیتەکانی ڕێکخستن‌و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان ساز کرابون. ساڵی ٢٠٠٧ بەکالۆریۆسی ڕاگەیاندنی لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە. ساڵی ٢٠٠٩ ئەرکی سەرنوسەریی گۆڤاری «پەیامی مرۆڤایەتی»ی گرتە ئەستۆ کەگۆڤارێکە مەکتەبی مافی مرۆڤ دەری کردووە.

ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی ئەندامی مەکتەب گواسترایەوە بۆ ئەکادیمیای هۆشیاری‌و پێگەیاندنی کادیران‌و لە ژمارە پێنجەوە کە لەکانونی دووەمی ٢٠١٢ دەرچووە ئەرکی جێگری سەرنوسەری گۆڤاری «کەلتور»ی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠١٧ بیرەوەرییەکانی خۆی لە دوتوێی نامیلکەیەکی ١٢٦ لاپەڕەییدا بە ناونیشانی «بیرەوەرییەکانی کۆژین: ڕۆژانی کاری ڕێکخستن لە ریزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان» بڵاو کردەوە، تێیدا ژیانی ڕێکخراوەیی خۆی لە ریزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان گێڕاوەتەوە، لە پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە دەستی پێ کردووەو باسی شێوەی کارکردنی لە ڕێکخستنی ژنان بەگشتی و کەرتی ڕێکخستنی لەیلا قاسم بەتایبەتی کردووەو فۆکسی خستۆتە سەر بەرنامەی پەروەردەی ئایدیۆلۆژی و چالاکییە مەدەنییەکانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ژنان. لە ناونیشانی نامیلکەکەدا وشەی «کۆژین»ی بەکار هێناوە کە ناوی خوازراوی خۆیەتی لە ریزی ڕێکخستنەکاندا. نامیلکەکە زانیاریی بەسود بۆ زانینی ژیانی ڕێکخراوەیی کادیرە ژنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە هەلومەرجی کاری نهێنی دابین دەکاو کەرەستەیەکی باش بۆ تاوتوێ کردنی بابەتێکی فەرامۆشکراو دەستەبەر دەکات. نامیلکەکە لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*لەیلا قاسم (ڕێکخراو)

*لەیلا قاسم (کەرتی ڕێکخستن)

## جەنگی فەقیانی



فەرماندە. ناوی تەواوی جەنگی حەسەن ڕەسول فەقیانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای ناوزەنگی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. پاش دوو ساڵ لە بارەگای سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

ساڵی ١٩٨٢ بووە رابەری سیاسی لە قوەتی کۆسرەتو ساڵی پاشتر کرایە جێگری فەرماندەی قوەتەکە. ساڵی ١٩٨٤ بووە فەرماندەی کەرتی مەڵبەندی سێ لەگوندی بالیسان. هەر لەو ساڵەدا لە تیپی ٩٣ی کۆیە بووە فەرماندەی کەرتی چواری شەهید سەرباز. ساڵی ١٩٨٥ لێپرسراوەتیی تیپی مەڵبەندی چواری لەدۆڵی سماقوڵی گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر، کرایە فەرماندەی تیپی ٩٠ی باواجی.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەسەر سنور گیرسایەوە. لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لەڕزگارکردنی کۆیەو دەوروبەریدا کرد. هەروەها بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردوە لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە (١٩٨٣)، شەڕی باداوان (١٩٨٥)، شەڕەکانی دۆڵی سماقوڵی (١٩٨٧)، ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنی دێگەڵە (١٩٨٧)و سەری رەش (١٩٨٨)و شەڕەکانی دۆڵی جافایەتی (١٩٨٨).

ساڵی ١٩٩٧ لێپرسراوەتیی لەشکری کۆیەی پێ سپێردراو لە ساڵی ١٩٩٩دا خولی سێیەمی ئەفسەرانی لە کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان تەواو کرد. دوا بەدوای ئەمە، کرایە جێگری فەرماندەی فەوجی ٥ی بارەگای سکرتاریەتی سکرتێری گشتیو ساڵی ٢٠٠٤ لێپرسراوەتیی فەوجەکەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٩ سەرباری لێپرسراوەتیی فەوجەکە، لێپرسراوەتیی جێگری لیوای ٢ی سکرتاریەتیشی پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی لیوای خۆشناوەتی.

ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی لیوا کرایە فەرماندەی یەکەی ١٢٤ی هێزەکانی حەفتا و ساڵی پاشتر بووە ئەندامی بەشی مەشقو پشکنین لەهێزەکانی حەفتا.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٥دا لە کاتی شەڕی دژی بەداعش، لێپرسراوەتیی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی یەکەکانی حەفتای سنوری هەولێرو موسڵی پێ سپێردرا.

## جەواد بێدەری*



فەرماندەو پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. ناوی تەواوی جەواد ئەحمەد فەتاح. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٣ی گوندی بێدەری سنوری ناوچەی قەڵاسێوکە. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو ئاینپەروەر بووە. ساڵی ١٩٦١ لە کاتێکدا کە سەرباز بوو لە سوپای عیراقدا، پەیوەندیی بەیاخیبونی خێڵەکانەوە کرد لە دژی حکومەتی جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسمو بەشداریی لە شەڕی دەربەندی بازیاندا کرد. دوای ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنترۆڵی یاخیبونە خێڵەکییەکەی کردو لەجوڵانەوەیەکی خێڵەکییەوە کردی بە جوڵانەوەی نەتەوەیی چەکدار، بێدەری درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی لەجوڵانەوەکە وەك پێشمەرگەی یەکە چەکدارەکان دا و لە هێزی رزگاری کە تاڵەبانی

فەرماندەی بوو ڕێك خرا. ساڵی ١٩٦٢ لە شەڕێکدا لە ئاغجەلەر لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراقدا، دلاوەرییەکی زۆری نواندو لەم سۆنگەیەوە تاڵەبانی خەڵاتی کردو پلەی بۆ سەرپەل بەرز کردەوە.

ساڵی ١٩٦٣ بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی گەرمیانو پێنجوێنی پێشمەرگەدا کرد. هەر ئەو ساڵە لەهێرشێکدا بە فەرماندەیی عەلی عەسکەری بۆ سەر بنکەیەکی پۆلیس لەپێنجوێن، بریندار بوو. ساڵی دواتر پلەی بۆ سەرلق بەرز کرایەوەو لەگەڵ چەند کەسێکی تردا ئەرکی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی لە ناوچەی کەرکوك پێ سپێردرا.

لە کاتی لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسی کردو لە ساڵانی ١٩٦٩. ١٩٧٠ بارەگای لەگوندی گۆپتەپەی سنوری قەڵاسێوکە دانا. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی، لەریزی هێزی پێشمەرگەدا بەردەوام بوو لەسەر خزمەت کردن. لە ساڵی ١٩٧٤دا، کاتێك عەلی عەسکەری کرایە فەرماندەی هێز، بێدەری کرایە جێگریو تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی داو ڕۆڵێکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق و پاراستنی ناوچەی حاجی ئۆمەران گێڕا.

لە ساڵی ١٩٧٥دا پشتگیریی پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردو هەماهەنگیی لەگەڵ عەلی عەسکەریدا کرد بۆ پەیدا کردنی چەكو پەیوەندی کردن بەخەڵکی شۆڕشگێڕەوەو پێکهێنانی دەستەی چەکدار. لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٦دا بنکەیەکی کارای هێزی پێشمەرگەی لەچەمی ڕەزان دامەزراند. جموجوڵی وای لە دەزگا ئەمنییەکان کرد بکەونە گەڕ بۆ دروست کردنی گوشار لەسەری بۆ دانانی سنورێك بۆ هەڵسوڕانی. لەم سەروبەندەدا دایکیو خێزانەکەیو منداڵەکانی لەگوندی گۆپتەپە دەستگیر کرانو ماوەیەك لە سلێمانیو کەرکوك زیندانی کرانو دواتر بۆ شاری ناسریەی باشوری عێراق دور خرانەوە. لەو ماوەیەدا بێدەری وەك فەرماندەی مەفرەزە لەهێزەکەی محەمەد غەفور ئاغجەلەری ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کرد.


ساڵی ١٩٧٧ بە مەفرەزەکەیەوە لەگەڵ حەسەن خۆشناو بەرەو سوریا بەڕێ کەوت بە مەبەستی هێنانی چەكو تەقەمەنیو ئامێرەکانی تایبەت بەدانانی ئێزگە. لەڕێگادا، لەسەر سنوری عیراق ـ تورکیا، لە بۆسەیەکدا کەچەکدارەکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دایاننابوو، تەقە لە مەفرەزەکە کرا، خۆشناو لەوێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا شەهید کراو بێدەری بریندار بوو. لەم سۆنگەیەوە گەیەنرایە سوریا. تا برینەکانی سارێژ بونەوە ماوەی مانگێکی خایاند. پاش گەڕانەوەی لە سوریا، پۆستی جێگری فەرماندەی هەرێمی چەمی ڕەزانی پێ بەخشرا. لەو ماوەیەدا دەزگا ئەمنییەکان برایەکی بێدەرییان دەستگیر کردو وەك بارمتە گلیان دایەوە تا ئەو کاتەی بێدەری خۆی بەدەستەوە دەدا، بەڵام هەوڵەکە ئامانجەکەی نەپێکا.

ساڵی ١٩٧٨ لە کاتی جێبەجێ کردنی بەرنامەی گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتی بۆ ناوچەی خواکوركو ناردنی هێزێکی گەورە بۆ سەر سنوری عیراق ـ تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕێکی گەورەی چەكو تەقەمەنی کەنیاز وابوو لە سوریاوە بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە، لەگەڵ بەشی دووەمی هێزەکەدا بەرەو شوێنی دیاریکراو بەرێ کەوت. لەم ئۆپەراسیۆنەدا کە لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئۆپەراسیۆنی هەکاری ناسراوە، توشی نەهامەتییەکی زۆر بوو. لە هەکاری گەلەکۆمەکێیەکی گەورە لە دژی هێزی پێشمەرگە لە نێوان خێڵەکانی ناوچەکەو سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان

به ئاگاداریی دەزگای هەواڵگریی میتی تورکیا هاتە ئاراوەو ئەم گەلەکۆمەکێیە ئۆپەراسیونەکەی لە بنەڕەتەوە لەبەر یەك هەڵوەشاندەوە. لەئۆپەراسیونەکەدا برسێتی‌و گەلەکۆمەکی‌و بێ ئومێدبون لە رزگاربون، بەشێکی هێزەکانی ناچار کرد خۆیان رادەستی هێزەکانی عیراق بکەن. بێدەری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەدا خۆی رادەستی هێزەکانی عیراق کرد. تا ساڵی ١٩٧٩ بە دەستبەسەری مایەوە و پاشان خۆی‌و هەموو ئەندامە گیراوو دورخراوەکانی خێزانەکەی بە لێبوردنی گشتی ئازاد کران.

ساڵی ١٩٨٧ بێدەری بۆ جاری سێیەم لە ژیانیدا، لە تەمەنی ٤٤ساڵیدا گەڕایەوە بۆ ژیانی پێشمەرگایەتی‌و لە تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق وەك فەرمانددەی کەرت خزمەتی کرد. لە ساڵی ١٩٨٨ دا لەگوندی شاناخسێی ناوچەی ماوەت بەچەکی کیمیایی بریندار بوو و بۆ چارەسەر ماوەی چل رۆژی لەنەخۆشخانەیەکی شاری ئەسفەهان بەسەر برد. لە شاڵاوی چوارەمی ئەنفال لە ناوچەی قەڵاسێوکە، لە کاتی کیمیاباران کردنی گوندی گۆپتەپەدا لە٣ی ئایاری ١٩٨٨ بۆ جاری دووەم بەر چەکی کیمیایی کەوت و شەهید کرا.

## جەودەت دوبزی*



پێشمەرگە. ناوی تەواوی جەودەت حەسەن یابە ناسراو بە جەودەت دوبزی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی شارۆچکەی دوبز. لە بنەماڵەیەکی هەژارو کوردپەروەرە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە دوبز تەواو کردووەو پاشان چۆتە دهۆك‌و لەوێ خوێندنی ئامادەیی بازرگانیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی دواتر بۆتە پێشمەرگە لە سنوری مەڵبەندی ٣و لەم سەروبەندەدا لەدۆڵی بالیسان بووەتە کادیری کۆمەڵایەتی. ساڵی ١٩٨٤ بۆ تیپی ٢١ی کەرکوك گواسترایەوەو لە سنوری ئەم تیپەدا وەك کادیرێکی کۆمەڵایەتی سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە بووە.

ساڵی ١٩٨٥ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٩٣ی کۆیەو لە تیمی تەقاندنەوە لە مەڵبەندی سێ کاری کرد. سەرەڕای بەشداربونی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکی‌و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك و سنوری مەڵبەندی سێ، لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکاندا کاتێك هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر شارۆچکەو سەربازگەکاندا دەگرت، وەك شارەزا لە تیمی تەقاندنەوەدا ئەرکی تەقاندنەوەی بیناو بارەگاکانی لەئەستۆ دەگرت و لەم سەروبەندەدا چەند تەقاندنەوەیەکی گرنگی ئەنجام داوە وەك تەقاندنەوەی بارەگای حزبی بەعس لەدارەتوو و تەقاندنەوەی کۆشکەکانی سەددام حسێن لەپیرمام‌و سەری رەش.

لە٢٨ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی لەدەستەی تایبەتی مەڵبەندی ٣ بە ناوی سلێمان عومەر مەولود، ناسراو بە سولە قۆریتانی، هەوڵیاندا تاوەرێکی سەر رێی هەولێر- موسڵ بتەقێننەوە کە بۆ تەشویش خستنە سەر پەخشی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەسەر رێی موسڵ دانرابوو، بەڵام بە هۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە کەرەستەی تەقینەوەکە بە خۆیاندا تەقییەوەو بووە هۆی شەهیدبونی هەردوکیان.

## جەوقەد (بەرەی سیاسی)

بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکراتی عیراق کە کورتکراوەکەی بەپێی پیتە بەراییەکانی چوار وشەی ناوەکەی بە زمانی عەرەبی، جەوقەدە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لایەنێکی دامەزرێنەری بەرەی جەوقەدە، هەر لە سەرەتاوە پێی وابوو هەلومەرجی سیاسیی عیراق پێویستی بە بەرەیەکە کە هەموو لایەنە سیاسییە کاراکان کۆ بکاتەوە و کار بۆ روخاندنی رژێمی بەعس و هێنانە سەر کاری رژێمێکی دیموکرات بکات. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیکۆمێنتێکی گرنگدا کە مێژوی بۆ شوباتی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی کە بووە ئەندام لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، لە راگەیەندراوێکدا بەم بۆنەیەوە پشتگیریی ئەوەی کرد کە هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ پەرەپێدانی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و کردنی بە بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو.

لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە، لایەنە عیراقییەکان پرۆژەی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانییان تاوتوێ کرد بەڵام لەبەر پەرتەوازەیی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق، بیرۆکەکە زۆر کۆسپ و تەگەرەی هاتە بەر رێ. لە ناو گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقدا، پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە هەمویان بە جموجوڵتر بوو بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانیدا بۆ روخاندنی رژێمی بەعس.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ دا بە هەوڵ و کۆششی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبونەوەیەکی چوارقۆڵی لە ناوزەنگ لە نێوان نوێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و یەکێتیی نشیتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب و باڵی سەر بە سوریای حزبی بەعس ساز کراو تێیدا پرۆژەی پێکهێنانی بەرە مشتوماڵ کرا. کۆبونەوەکە راگەیەندراوێکی هاوبەشی دەرکرد کە تاڵەبانی نوسیبووی و تێیدا راگەیەنرا بوو کە چوار حزبەکە لەسەر پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هەماهەنگی بۆ بەردەوامبون لەسەر گفتوگۆکان رێك کەوتون.

چوار لایەنەکە بڕیاریان دابوو کۆبونەوەی دووەمی کۆمیتە چوارقۆڵییەکە لە دیمەشق بکرێ. لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بڕیار بوو نەوشیروان مستەفا نوێنەرایەتیی یەکێتی لە کۆبونەوەکەدا بکات. بەڵام لەبەر ناکۆکیی نێوان پارتی کۆمۆنیست و حزبی بەعس، دووەمین کۆبونەوەی چوارقۆڵی لە دیمەشق نەکراو وردە وردە مەسەلەکە مردار بۆوە.

لە ئایاری ١٩٨٠ دا رۆژنامەی «شەرارە» لە سەروتاردا جەختی کردەوە سەر پێویستیی دامەزراندنی بەرەو وتی «دەبێ پەلە لە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی دیموکرات و هێنانە کایەی هاوپەیمانییەکی تۆکمە لەگەڵ هێزە ئاینییەکانی دژ بە فاشیزم و ئیمپریالیزم بکرێ بۆ ئەوەی هەمومان ئەم ئەرکە پیرۆزە بگرینە ئەستۆ».

پاش هەڵایسانی جەنگی عیراق- ئێران لە ساڵی ١٩٨٠، بارودۆخێکی گونجاوتر بۆ پێکهێنانی بەرە هاتە ئاراوە. سوریاو لیبیا دژی دەستدرێژییەکەی عیراق بۆ سەر ئێران وەستانەوەو پشتیوانییان لە ئێران کرد. سوریا بۆ تەنگهەڵچنین بە عیراق، بۆریی نەوتی عیراق- سوریای گرتەوە، زۆرتر پشتیوانیی لە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق کردو پشتگیریی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی کرد.

سەرەڕای لەباریی هەلومەرج بۆ پێکهێنانی بەرە، پرۆسەکە بە ئاسانی بەڕێوە نەچوو. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب و باڵی سەر بە سوریای حزبی بەعس ڤیتۆیان لەسەر وەرگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو،

لەکاتێکدا پارتی کۆمۆنیستی عیراق زۆر پشتگیریی وەرگرتنی پارتیی دەکرد. هەر چۆنێك بوو، پێکهێنانی بەرە لیژنەیەکی ئامادەکاری بۆ پێك هێنراو هەنگاوی پێویست بۆ دامەزراندنی بەرەی خوازراو نرا. هەوڵەکان بە ئاکام گەیشتن، هەموو دیکۆمێنتەکان ئامادە کران و لایەنە پێکهێنەرەکان لەسەر وردەکاریی هەموو شتێك رێك کەوتن. هەر ئەوە مایەوە کە رۆژو شوێن و چۆنێتیی راگەیاندنی بەرەی خوازراو دیاری بکرێن.

لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ دا، لە رێ و رەسمێکی شکۆداردا کە لە هۆڵی کۆنگرەکانی بارەگای یەکێتیی گشتیی سەندیکاکانی سوریا لە دیمەشق ساز کرا، نوێنەرانی لایەنە پێکهێنەرەکان، هەر یەك لە جەلال تاڵەبانی و دارۆ شێخ نوری لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، عەبدولجەبار کوبەیسی و فەوزی راوی و حیکمت وائل لە لایەن باڵی سەر بە سوریای حزبی بەعس، عەبدولڕەزاق سافی لە لایەن پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە، جەواد دوش و عەونی قەلەمچی لە لایەن بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبەوە، هانی حەسەن و فەوزی روبەیعی لە لایەن رێکخراوی سوپای رزگاریی گەلی عیراقەوە، عەبدولئەمیر موعینی لە لایەن پارتی سۆسیالیستی عیراقەوە. حەسەن نەهر لە لایەن گروپی سەربەخۆ دیموکراتەکانەوە، دکتۆر مەحمود عوسمان لە لایەن حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستانەوە، دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکراتی ناسراو بە جەوقەدیان راگەیاند.

لە رێ و رەسمی راگەیاندنی جەوقەددا هەندێ لە نوێنەرانی لایەنە سیاسییە ناعیراقییەکان بەشدار بون لەوانە محەمەد جابر بەجبوج لەبری سەرکردایەتیی نەتەوەیی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی سوریا، دانیال نیعمە لەبری پارتی کۆمۆنیستی سوریا، دەروێش شروتی لەبری پارتی سۆسیالیستە یەکێتیخوازەکانی سوریا، سابیر محێدین لەبری بەرەی رزگاریی گەلی فەلەستین، نوێنەری بەرەی رزگاریی گەلی بەحرێن، نوێنەری بەرەی دیموکراتی گەلی فەلەستین.

ئامانجی جەوقەد روخاندنی رژێمی بەعس و هێنانە سەر کاری رژێمێکی دیموکرات بوو لە عیراق کە کورد لە سایەیدا ئۆتۆنۆمیی چنگ کەوێ. سەرەڕای رێککەوتن لەسەر ئەم ئامانجە گشتییە، ستراکتۆری یەك بیروباوەڕی لە ناو جەوقەد زۆر تۆکمە نەبوو، بۆیە زۆر زوو کێشەی تێکەوت. دکتۆر مەحمود عوسمان وەك نوێنەری حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان بەرنامەی بەرەی واژۆ کردبوو، کەچی سەرکردایەتیی ناو وڵاتی حزبەکەی گەڕی پێ کردو بێ ئاگایی خۆی لەو واژۆکردنە نیشانداو پێوەی پابەند نەبوو. ئەم هەڵوێستە هەم پەیوەندیی بە ململانێ ناوخۆییەکانی ناو سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستانەوە هەبوو هەم پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە بەرەی راگەیەنراو پارتی دیموکراتی کوردستانی تێدا نەبووە.

هەموی چەند رۆژێك بەسەر راگەیاندنی جەوقەددا تێپەڕی بوو، کاتێك سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەر یەك لە ئەحمەد بانیخێڵانی و فاتیح رەسولی راسپارد کار بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی تر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان بکەن. ئەم کارە بووە هۆی تێکچونی پەیوەندییەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەگەڵ زۆربەی لایەنەکانی جەوقەد. پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەو پێیەی کە ئەندامێکی دامەزرێنەری جەوقەدە، مافی ئەوەی نەبوو بەرەیەکی سیاسی لەگەڵ لایەنی دیکەدا دروست بکا. بیانوی پارتی کۆمۆنیست ئەوە بوو کە ئەو، وەك ئەندامی هەردوو بەرە، دەتوانێ رۆڵی

بەستنەوەی هەردوو بەرە بگرێتە ئەستۆو ئەمەی بۆ جۆشدانی جوڵانەوەی سیاسی بە پێویست دەزانی. پاش نزیکەی دوو هەفتە لە راگەیاندنی جەوقەد، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان لە گوندێکی کوردستانی ئێران بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی ناسراو بە جودیان راگەیاند.

پێکهێنانی بەرەی جود پەرەی بە ململانێی سیاسی و چەکداری کوردستان دا، هەروەك لەلایەکی ترەوە پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستانی تێوەگلاندو هەردوکیانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ ناو شەڕی ناوخۆ پەلکێش کرد. هەرچەند ساردو سڕی لە پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستاندا هەبوو، بەڵام تا بەرەی جود پێك نەهێنرا بوو، هیچ پێکدادانێکی چەکدار لەنێوان هەردولادا روی نەدا بوو. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەستی کرد کە لایەنە پێکهێنەرەکانی جود هەوڵی تەنگ پێ هەڵچنین و گەمارۆدانی دەدەن.

جەوقەد ئەندامەتیی هەر یەك لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستانی هەڵپەسارد.

هەرچەند راگەیاندنی بەرەی جەوقەد لە ناوخۆی عیراق دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و ئومێدی روخاندنی رژێمی بەعسی لەسەر هەڵدەچنرا، بەڵام لەبەر چەردەیەك هۆ، لەوانە نارەزایی ئێران لە بەرەیەك کە سوریا هەژمونی خۆی بەسەردا زاڵ کردووەو پێکهێنانی بەرەی جودو لاوازیی زۆریی لایەنە پێکهێنەرەکانی، جەوقەد نەیتوانی هیچ ئامانجێکی راگەیەندراوی خۆی بە دەست بێنێ، هەروەك نەشیتوانی رۆڵێکی کارا لە جوڵانەوەی سیاسیدا بگێڕێت و ئەو دەرفەتەشی بۆ نەرەخسا کە ببێ بە نوێنەری دانپێدانراوی گەلی عیراق لە ناوچەکەو جیهاندا.

لە ساڵی ١٩٨٤ دا پەیوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە جەوقەدەوە کۆتایی هات، کاتێك ئەندامەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە جەوقەد هەڵپەسێردرا چونکە جەوقەد دژی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق وەستایەوە. ئەمەش سەرەتای پوکانەوەی راستەقینەی جەوقەد بوو.

## پاشکۆی ژمارە ١

## بەیاننامەی کۆبونەوەی چوارقۆڵی (ناوزەنگ ١٩٧٩)

لە ناوەڕاستی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩دا نوێنەرانی حزب و هێزە نیشتمانییەکان، بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب، حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب (سەرکردایەتیی عیراق)، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق زنجیرەیەك کۆبونەوەیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردنی رەوشی ناوخۆی عیراق و رەوشی عەرەب و ئەنجامی کۆشش و گفتوگۆ دووقۆڵی و بەکۆمەڵەکانی ماوەی رابردوو کە ئامانجەکەیان پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی دیموکراتە لە حزب و هێزو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرو ناسیۆنالیستە دیموکراتەکانی عیراق کە لەپێناوی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری تۆقێنەرو هێنانە سەر کاری حوکمی ئیئتیلافی دیموکراتدا تێدەکۆشن و خوازیاریشن حوکمی ئیئتیلافی دیموکرات لە نوێنەرانی ئەو حزب و هێزانە و هەروەها لە کەسانی تەواو باوەڕپێکراو پێك بێت، بۆ پاکتاوکردنی

پاشماوەکانی ڕێبازە نانیشتمانی و نانەتەوەیی و نامرۆڤایەتییەکەی تاقمی دیکتاتۆری دەسەڵاتدارو ڕزگارکردنی وڵات لەو تەنگژە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە دژوارەی کە بەهۆی سیاسەتی ئەم تاقمە خوێنڕێژەوە هاتۆتە ئاراوەو بنیاتنانی عیراقێکی ئـازادی دیموکراتی سەربەخۆ کە گەلی کورد لە سایەیدا مافی نەتەوەیی خۆی بەدەست دێنێ و بە ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە شاد دەبێت و بۆ ئەوەی عیراق بە شێوەیەکی چوست و چالاك بەشدار بێ لە شەڕی نەتەوەی عەرەبدا لە خەباتیدا دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و نەخشە پیلانگێڕییەکانیان دژ بە ڕۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاست و بەتایبەتی دژ بە شۆڕشە سەروەرەکەی ئێران.

کۆبونەوەکە بڕیاریدا کۆمیتەیەکی هەماهەنگیی هەمیشەیی لە نوێنەرانی هەر چوار حزب و هێز پێك بهێنێت بۆ بەردەوامبونی کۆششەکان بۆ پتەوکردنی هاوکاریی تێکۆشەرانەی نێوانیان و پێداگرتن لەسەر دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی دیموکرات کە هیواو ئاواتی جەماوەرە.

بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب

حـزبـی بـەعـسـی سـۆسـیـالـیـسـتـی عــەرەب (سەرکردایەتیی عیراق)

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارتی کۆمۆنیستی عیراق

## پاشکۆی ژمارە ٢

### سەروتاری ڕۆژنامەی شەرارە دەربارەی دامەزراندنی بەرەی جەوقەد

بزوتنەوەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی عیراق بە ڕاگەیاندنی دامـەزرانـدنـی بـەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکراتی عیراق (جەوقەد) دەستکەوتێکی نیشتمانیی گرنگی بەدەست هێناوە. ئەم بەرەیە لەو حزب و ڕێکخراوانەی خـوارەوە پێك هاتووە: پارتی سۆسیالیست، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان، بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب، حزبی بەعسی سۆسیالیستی عـەرەب، ڕێکخراوی سوپای ڕزگـاریـی گـەلـی عـیـراق، پـارتـی کۆمۆنیستی عیراق، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەربەخۆ دیموکراتەکان.

جەوقەد زادەی هەوڵی دڵسۆزانەو نەپساوەی حزب و هێزەکانی ناو بەرەکەیە بە درێژایی نزیکەی دوو ساڵی ڕەبەق. پاش هەڵکەوتنی هەلومەرجێکی بابەتی بۆ پێکهێنانی بەرە، کۆنتاکت و گفتوگۆیەکی بنیاتنەر هاتە ئـاراوەو دواتریش کۆمیتەیەکی هەماهەنگیی چوارقۆڵی لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب، حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك هێنرا کە زۆری نەبرد، دوای ئەوەی کە هێزە پێکهێنەرەکانی دیکە هاتنە نـاویـیـەوە، کۆمیتەکە کرایە لیژنەی ئامادەکاری بەرە. ئەم لیژنەیە ڕەنجێکی زۆری داو گفتوگۆی تێرو تەسەلی کردو بەو ئاکامە گەیشت کە بەرنامەو بۆچونە بنەڕەتییەکانی ڕێساو ڕێوشوێنەکانی کاری نیشتمانیی بەرەیی گەڵاڵە بکات.

لەکاتێکدا بەرە یەکێ لە دروشمە بنچینەییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بـووە لە سەرەتای پێکهێناندا، بـەدی هێنانیشی دابـڕاو نیە لە ڕۆڵی دیاری یەکێتی، ڕۆڵی تێکۆشەری کۆڵنەدەر کە بە تەنگ دامەزراندنی بەرەوەیەو هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بۆ نەهێشتنی دژواری و لەمپەرەکانی بەر ڕێی دەخاتە گەڕ، وەك هەموو ئەو هێزانەی کە دڵسۆزانەو لێبڕاوانە بۆ وەدی هێنانی ئەم هەنگاوە نیشتمانییە گەورەیە تێکۆشاون. ئەو پەیوەندییە تێکۆشەرانەیەی

که یەکێتی لەگەڵ تەواوی لایەنە نیشتمانییەکان دروستی کردووە، شایستەیی ئەوەی پێ بەخشیوە که بتوانێ ئەم رۆڵە تایبەتە بگێڕێت که هەرگیز خۆمانی پێ هەڵناکێشین بەڵکو شانازیی پێوە دەکەین و پێوەی دەنازین، ئەویش لەو روانگەیەوە که کارەکە رەنگدانەوەیەکی سەرکەوتوی ئەو رۆڵەیە که یەکێتی بەڵێنی بە گەلی عیراق دابوو بەجێی بهێنێ، ئەویش لەوەتەی رێچکەیەکی تازەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری، شان بەشانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق، بۆ جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد کێشاوەو لەوەتەی دروشمی هەڵگیرساندنی شۆڕشی دیموکراتی عیراقی لە چیاکانی کوردستان بەرز کردۆتەوەو جێبەجێشی کردووەو پاشان کاری بۆ ئەوە کردووە که ئەم شۆڕشە بە تەواوی بەعیراقی بکرێ، نەك تەنها لە روی دروشم و ئەرکەوە، بەڵکو لەڕوی سەرکردایەتی و چالاکی و بەشداریی کاریگەریشەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەکاتێکدا که لە بەردەم گەلی عیراقدا رادەوەستێ و شانازی بە دەستکەوتە نیشتمانییەکانییەوە دەکات، بەتایبەتی لە بواری جۆشدانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردو راست کردنەوەی ئاراستەکەی و گێڕانەوەی بۆ شوێنی ئاسایی خۆی بە تەنیشت بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی عەرەبی عیراقەوەو لە مەیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداردا، ئەمڕۆ بە سەربەرزییەوە شانازی بەوەوە دەکات که بەشدارییەکی کارای لە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە نیشتمانییە گەورەیەدا کردووە که پێکهێنانی جەوقەدە، بۆ ئەوەی ئەم بەرەیە ببێ بە سەنتەری راکێشان و کۆکردنەوەی سەرجەم هێزە نیشتمانییەکانی عیراق، پاش سەرکەوتنی لە یەکخستنی چوار رەوتە سەرەکییەکەی کۆمەڵگای عیراق، واتە رەوتی بەعسی، مارکسیست، کوردایەتیی پێشکەوتنخوازو ناسریست، سەرباری هێزی دیموکراتی نیشتمانیی تورکمانی و هێزە دیموکراتییە عیراقییە سەنگینەکان. بەرە والآیە بۆ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و فاشیزمی دەسەڵاتدارو تەنها ئەو مەرجەی بۆ لایەنەکان هەیە که رەزامەند بن بە بەرنامەکەی و بە شێوازی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە ژێر ئالآیەکی عیراقییانەی نیشتمانپەروەرانەی سەربەخۆدا کار بکەن، بەبێ ئەوەی سەر بە هیچ لایەنێك بن و هەرگیز خۆیان لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان دانەبڕن، چونکە سەربەخۆیی پرنسیپێکی گرنگە که جەوقەد، پاش تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵ، بڕیاری لێ داوەو مەبەستێتی ناوەڕۆکە راستەقینەکەی بپێکێ.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم بۆنەیەوە هیواداره هێزە ئاینییە نیشتمانییەکانی عیراق هاوکاریی جەوقەد بکەن بۆ بەدی هێنانی ئامانجە گەورەکانی گەلی عیراق بە هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب و هەموو گروپ و چینە نیشتمانییەکانەوە، لەسەروی هەموویانەوە روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری دژ بە گەل و هێنانە سەر کاری حوکمی ئیئتیلافی نیشتمانیی دیموکرات که دیموکراسیی راستەقینە بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ گەلی کورد دەستەبەر دەکات و هێزو تواناکانی عیراق لە شەڕی نەتەوەی سەرفرازی عەرەب لە دژی دەستدرێژیی زایۆنیستی- ئیمپریالیستی بەکار دێنێ.

راگەیاندنی جەوقەد لە ناو گەلی عیراق بە چاکی دەنگی دایەوەو خەڵکی دڵخۆش کرد، تێکۆشەرانی خستە جمین، خەڵکی جوامێر هیوایەکی زۆریان لەسەر هەڵچنی و ئەلتەرناتیڤێکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی بۆ رژێمی فاشیست دۆزییەوە، ئەو رژێمە فاشیستەی که هەوڵی فریودانی سوپاو رێکخراوەکانی سەر بە حزبەکەی خۆی دەداو وایان تێدەگەیەنێ که تەنها ئەو دەتوانێ دەستەبەری

یەکپارچەیی و چارەنوسی عیراق بکات و رۆڵی لەجیهانی عەرەب هەبێ. ئێستا گومان لەوەدا نەماوە کە ئەم رژێمە رژێمی ناپاکیی نیشتمانی و نەتەوەییە، رژێمی دەستەیەکی بورژوازیی مشەخۆری دیکتاتۆری ئێجگار تاوانبارە، رژێمێکی دیکتاتۆری خوێناوییە بە سەرکردایەتیی سەددام تکریتی و دەستوپێوەندەکانی و دژی بەرژەوەندییەکانی عیراق و نەتەوەی سەرفرازی عەرەبە. ئەم رژێمە گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر عیراق و عەرەب و یەکێتیی نیشتمانیی گەلی عیراق، ئەو یەکێتییە نیشتمانییەی گەلی عیراق کە لەبەر سیاسەتە شۆڤێنی و تایفەگەرییە شێتگیرانەکەی رژێم و دوژمنایەتیی ئاشکرای بۆ کوردو شیعەو تورکمان و ناپاکیی بەرامبەر بە حەز و ئاواتە نەتەوەییەکان و دژایەتی کردنی شۆڕشی فەلەستین و بەرەی نەتەوەیی خۆڕاگری و بەرەنگاربونەوە، تێك شکێنراوەو لەبەر یەك هەڵتەکێنراوە. ناپاکیی ئەم رژێمە لەوەدا دەردەکەوێ کە جارێکی دیکەو ئەمجارە بە شێوەیەکی رۆشنتر کەوتۆتە پێشڕەوایەتی کردنی هاوپەیمانییە کۆنەپەرستەکەی سعودیە — ئوردون- عیراق. هەر بۆیە، مانەوەی ئەم رژێمە مایەی مەترسییە هەم لەسەر عیراق هەم لەسەر عەرەب و هەم لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی گەلەکەمان.

لێرەوە گرنگیی نیشتمانیی جەوقەد وەك ئەلتەرناتیڤێکی نیشتمانی دەردەکەوێ چونکە ئەم ئەلتەرناتیڤە لێی رادەبینرێ یەکپارچەیی نیشتمان و سەربەخۆیی وڵات و دیموکراسی بۆ گەل و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەستەبەر بکات و هەموو ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات بەدی بێنێ.

گومان لەوەدا نیە کە دەبێ راگەیاندنی جەوقەد کرداری بەدواوە بێت، دەبێ جۆشدانی خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەو سیاسییانەو چەکدارانەو میدیایی بەدواوە بێت، دەبێ راپەڕاندنی کۆمەڵانی خەڵکی بەدواوە بێت، ئەمەش بە پەرەپێدانی شەڕی پارتیزانیی نیشتمانی لە کوردستانی عیراق دێتە دی بە جۆرێك کە شارەکان و بەتایبەتی بەغداو هەموو شوێنێکی عیراق بتەنێتەوە بۆ ئەوەی مەرج و پێداویستییەکانی راپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەل دابین بکرێن. واش دانراوە کە گروپ و تاقمە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی ناو سوپای دلێری عیراق، ئەو سوپایەی کە سەددام توشی شەڕێکی ماڵوێرانکەری کردووەو لە مەیدانی راستەقینەی خۆی کە مەیدانی شەڕە لەگەڵ دوژمنی زایۆنیست دوری خستۆتەوە، بەشداری لەو راپەڕینە شۆڕشگێڕانەیەی گەلدا بکەن.

ئەو جەنگە زۆردارەکییەی کە سەددام تکریتی لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵی گیرساندووە، پلانێکی ئیمپریالیستی و زایۆنیستی و کۆنەپەرستانەیە بەڵام ئاکامەکەی پێچەوانەی حەزو ئومێدەکانی جەللادی خۆفرۆش دەبێت. ئەم جەنگە بۆتە هۆی قوڵکردنەوەی ئەو قەیرانەی کە دەستی خستۆتە بینا قاقای رژێمی بورژوازیی گرێدراوی کۆلۆنیالیزمی نوێ و زەمینەیەکی لەباری بۆ راپەڕینی چاوەڕوانکراوی گەل دابین کردووە.

بۆیە پێویستە لەسەر جەوقەدو هێزە شۆڕشگێڕەکانی ناو هێزە چەکدارەکان یەك بگرنەوەو ئەم هەلە بە قازانجی جێبەجێ کردنی ئەرکی ناوەندیی جولانەوە نیشتمانییەکەمان بقۆزنەوە، واتە ئەرکی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆرو رزگارکردنی گەلی عیراق لە تاوان و خراپە و ئاسەوارەکانی.

ئێمە هیچ گومانێکمان لەوەدا نیە کە جەوقەد دەتوانێ رۆڵی تێکۆشەرانەی گرنگ و پڕ بایەخی خۆی بەجێ بهێنێ. کەواتە با هەموو وزەو تواناکان بۆ سەرخستنی جەوقەد یەك بگرنەوە. لەکاتێکدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەست بەلێپرسراوەتیی نیشتمانیی خۆی دەکات و پەی بە گرنگیی

ئەرکەکانی سەر شانی دەبات، باوەڕمان وایە کە برا بەعسی و کۆمۆنیستەکانمان و تەواوی لایەنەکان بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان بۆ سەرخستنی جەوقەد لەسەر شانە، بۆیە ئومێدەوارین هەموان ئەرکە نیشتمانییەکانیان بە شێوەیەکی شایستە جێبەجێ بکەن و زۆر بە چاکی پەی بە رۆڵ و لێپرسراوەتییە نیشتمانییەکانیان بەرن.

بژی بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکرات (جەوقەد) وەك رابەری خەباتی گەلی عیراق و شۆڕشە نیشتمانییە دیموکراتەکەی.

با هەموو هەوڵ و رەنجەکان بۆ سەرفرازی و سەرکەوتنی جەوقەد یەك بگرنەوە.

سەرچاوە: شەرارە، ساڵی حەوتەم، شوباتی ١٩٨١، ل ١-٢ (بە زمانی عەرەبی).

تێبینی: سەروتارەکە تاڵەبانی نوسیویەتی.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## با یەکێتیی ریزەکانی ناو جەوقەد بپارێزین (بەیاننامە)

جەماوەری قارەمانی کوردستان

لەم قۆناغە گرنگ و ناسکەدا کە وڵاتەکەمان پێیدا تێدەپەڕێ، بە هۆی هەڵخلیسکانی رژێمی فاشیستی بەغدا بەرەو هەڵدێرێکی هەزار بە هەزارو نوقم بونی لە گێژاوێکی عەسکەری و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی قووڵ و ئاڵۆزدا کە بە هیچ شێوەیەك رزگاربون و دەربازبونی بۆ نیە، لەم بارودۆخە بابەتییەدا زەمینەیەکی زۆر لەبار بۆ هەڵسانەوەو بوژانەوەی سەرجەم بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی لە عیراق رەخساوەو ئەمە چاکترین دەرفەتی بۆ هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان هێناوەتە کایەوە بۆ ئەوەی ئەرکی مێژوویی خۆیان ببینن و وڵاتە خۆشەویستەکەمان بەهێجگاری لە چنگ فاشیست رزگار بکەن.

لەم هەلومەرجە مێژووییەشدا بوو بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتیی دیموکرات (جەوقەد) لە عیراق پێك هات کە جەماوەری عیراق بە عەرەب و کوردو کەمە نەتەوەکانەوە لە زۆر دەمێکەوە، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی لەدایکبوونی بوون، بۆ ئەوەی دەوری خۆی ببینێ لە کۆکردنەوەو خستنە گەڕو پێشەوایەتی کردنی جەماوەر دژی رژێمی سەددامی دیکتاتۆرو هەروەها بۆ ئەوەی کۆتایی بە قۆناغی پەراگەندەیی و پاشاگەردانی و یەکتر هاڕین بێنێ، قۆناغێك کە ماوەیەکە باڵی رەشی بەسەر هەموو بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراقدا کێشاوەو ئەو قۆناغە باشترین زامن بووە بۆ درێژەکێشانی حوکمی فاشیستی لە عیراقدا.

لە سەرانسەری کوردستانیش جەماوەر بە گەرمی پێشوازیی لە پێکهێنانی بەرە کردووەو بە مژدەیەکی گەورەو مەزنی داناوە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان هێزە نیشتمانییەکانی کوردستان و پتەوکردنی هاوخەباتی و هاوسەنگەری و قوڵ کردنەوەی ئیشوکاری بەرەیی و جەماوەری و چارەسەرکردنی گیروگرفتە سادەو لاوەکییەکان لەرێگەی پەیرەوی کردنی هەندێك سەرەتای هاوبەش کە هەموو لایەنەکانی ناو بەرە لەسەری پێك بێن.

بێگومان رژێمی رەگەزپەرستی بەغدا لەدایکبونی بەرەی بە کارەساتێکی گەورە بۆ خۆی داناوە، یەکسەر هەموو جاش و بەکرێگیراوەکانی بۆ ئابلۆقەدانان و لەباربردن و بوودەڵەکردنی خستە گەڕ، بۆ ئەوەی جارێکی تر دوبەرەکی و یەکتر داپاچین و دڕدۆنگی، سەرلەنوێ، باڵی رەشی بەسەر پەیوەندیی نێوان هێزە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکاندا بکێشێ، گیانی بەرگری و ورە بەرزی و خۆڕاگری لەدڵی جەماوەردا نەهێڵێ و

جەماوەر لە خەبات و فیداکاری سارد بکاتەوە.

لەو کاتە ناسکەدا کە پێویست بوو هەموو لایەنەکانی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتیی دیموکراتی عیراق ئەوپەڕی گیانی لێبوردن و هەست بە لێپرسینەوە کردن و دان بەخۆداگرتن، بەرامبەر یەکتر بەکار بهێنن، هەڵوێستە سەلبی و پڕ زەرەرەکانی جاران لە بیر بەرنەوەو لە لاپەڕەیەکی نوێوە دەست پێ بکەن، گیروگرفت و هەڵە و کەموکوڕییەکان لە چوارچێوەی بەرەدا چارەسەر بکەن، کەچی تاقمێکی چەکدار کە لافی سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازی لێ دەدەن، بە بێ ئەوەی هیچ بڕو بیانوویەکی راست و مەنتقییان بەدەستەوە بێت، بە شێوەیەکی زۆر نابەجێ و سەرسوڕهێنەر، کەوتونەتە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بێ بناغەو ژەهراوی دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە هەر کوێیەکیش بۆیان هەڵکەوێ، دەست دەخەنە ناو ئیشوکارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پەلاماری پێشمەرگەکانی دەدەن و هێرشی ناڕەوای دەبەنە سەرو لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوییان لێ دەدەن. هەروەها ئەو خەڵکەی لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر دزی و جەردەیی و راوو رووت و ناپاکی و ئازاردانی کۆمەڵانی خەڵك سزا دراون و دور خراونەتەوە، ئەوان دەیانگرنە خۆ، پارێزگارییان لێ دەکەن و پلەو پایەی سەیریان پێ دەبەخشن.

بێگومان ئەم رەفتارە ناشۆڕشگێڕو گێرەشێوێنانە بە هیچ شێوەیەك خزمەتی گەل و شۆڕش ناکەن، سەرباری ئەوەی کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەر کارەکانی بەرەوەو دڵتەنگی و دڵساردی دەخەنە ناو جەماوەرەوە. بۆیە ئێمە بەوپەڕی دڵسۆزی و هەست بە مەسئولیەت کردنەوە، ئاگاداریان دەکەینەوە کە بەردەوام بونیان لەسەر ئەم جۆرە رەفتارانە، ئێمە ناچار دەکات وەڵامی پێویستیان بدەینەوەو سنور بۆ هەموو دەستدرێژی و جموجوڵێکی ناشۆڕشگێڕانەیان دابنێین کە خزمەت بە دوژمنانی گەل دەگەیەنێ.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

کۆمیتەی سەرکردایەتی

١٩٨١/١/١٠


## جەوەڵ بۆر (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنێکە هەردوو تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٧ی سەگرمە لە شەوی ١١ لەسەر ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ لە جەوەل بۆر ئەنجامیان داوە.

لەم ئۆپەڕاسیۆنەدا پێشمەرگە لەو رەبیانەی دا کە سوپای عیراق بۆ پاراستنی دام و دەزگا نەوتییەکانی جەوەڵ بۆر دانابوون، هێزی پێشمەرگە پەلاماری چوار رەبیەی دا و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەستی بەسەردا گرتن و پاشان هەمووی گڕ تێبەردا.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا دوژمن ٣٦ سەربازی کوژراوی هەبوو، ٩ سەربازیشی بە دیل لێ گیرا. پێشمەرگە زیانی نەبوو.

## جەوهەر کرمانج



شاعیرو پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی جەوهەر مستەفا حەمك. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی خەزنەی دەشتی شەمامك لە پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردو پاشان بۆ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی رووی کردە هەولێر.



ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٧٠ ئەندامی لیژنەی ناوچەی قوتابیانی سەر بەباڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.


ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، چووە ریزی شۆڕشەوە و تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە بواری ڕاگەیاندندا کاری کرد. ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە بۆ هەولێرو ساڵی دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٨٢ چووە ریزی شۆڕشەوەو لە چوارچێوەی یەکێتیی نوسەرانی کوردستاندا کاری کرد. ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ چەند نوسەرێکی شاری هەولێر لەگوندی وەرتێ بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری «نوسەری نوێ» کە گۆڤاری لقی هەولێری یەکێتیی نوسەرانی کوردستان بوو. ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ دکتۆر ئەرسەلان بایزدا لە سەقز ژمارە ٥ی گۆڤاری «کەلتور»ی دەرکرد کە دوایین ژمارەی ئەو گۆڤارە بوو.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١- ١٩٩٢ ئەندامی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لەدیمەشق. ساڵی ١٩٩٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە جێگری لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان لە هەولێر. ساڵی ١٩٩٩ بووە یاریدەدەری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کاروباری رۆشنبیری.

چەند بەرهەمێکی لە بواری شیعرو وەرگێڕاندا هەیە.

## جەوهەر لەتیف محەمەد*




فەرماندە و پارتیزان. ناسراو بە سەید جەوهەر. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی لەك لە ناوچەی قادر کەرەم. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوەو لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ پێشمەرگایەتیی کردوە.

ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوی ئەنفال لە گەرمیان، بەشدارییەکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی سوپای عیراقدا کرد. دوای شاڵاوەکە، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك، لەوانە کەریم ئەحمەد خدر ئەمین ناسراو بە شێخ کەریم چاوڕەش و نازم نەجم ئەحمەد ناسراو بە نازم کەرکوکی، وەك پارتیزان لە ناوچەکانی قادر کەرەم و لەیلان مایەوەو لە ئابی ١٩٨٩دا پاش ئەوەی کە ئاڵوگۆڕ بە مەفرەزە پارتیزانەکان کرا، کشایەوە بۆ بنکەکانی سەر سنور.

سالّی ١٩٩١ کرا بە فەرماندەی لیوای سێی فەرماندەیی ناوچەی کەرکوك و دواتر کرا بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ناوچەی کەرکوك. لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی دووەمی تۆڵەدا، لەسەری شەکرۆك شەهید بوو.

## جیهانی روناکبیری (گۆڤار)




گۆڤارێکی تایبەت بە وەرگێڕانە، مەکتەبی بیرو هۆشیاری دەری کردووە. تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لەئابی ٢٠٠٢ و دووەم ژمارە لە ئازاری ٢٠٠٣ دەرچووە. ئەگەرچی گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی وەرزی خۆی ناساندووە، بەڵام ژمارە دوو لەبری ئەوەی کە پاش سێ مانگ دەرچێ، پاش ٧ مانگ دەرچووە.

زرار عەبدوڵڵا مستەفا سەرنوسەری گۆڤارەکەیە. بابەتە بڵاوکراوەکان هەموی بابەتی وەرگێڕدراون و لە زمانەکانی عەرەبیو فارسیو ئینگلیزییەوە کراون بە کوردیو تایبەتن بە بوارەکانی مافی مرۆڤ، بەجیهانیبون، دیموکراسی، زانستی سیاسەت، سۆسیال دیموکراسی، لیبرالیزم، مۆدێرنێتەو بابەتی تر، سەرباری ئەوەی کە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە فایلێکی تایبەت بە ئەمریکای تێدایە کە چوار وتاری گرتۆتە خۆ.

ئامانجی گۆڤارەکە ناساندنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخە بە خوێنەر. هەردوو ژمارە لە چاپخانەی رون لە سلێمانی چاپ کراون. ئەو وەرگێڕانەی لە عەرەبییەوە بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە ئەمانەن: سامی قادر، فاروق غەفور مەجید قادر، زاهیر شکور باپیر، بەکر سدیق، زرار عەبدوڵڵا مستەفا، سۆران شەهاب، دلێر عەباس، عومەر شێخ عەبدوڵڵا، سەمەد زەنگنە، عوسمان حەسەن شاکرو حەسەن یاسین. ئەو وەرگێڕانەی لە ئینگلیزییەوە بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە ئەمانەن: فەیزوڵڵا برایم خان، دارا فەرەج، فازل حسێن مەلا رەحیم، غەریب محەمەد شەریف، عومەر کەریم و فەوزی مەلا رەحیم. ئەو وەرگێڕانەی لە فارسییەوە بابەتییان تێدا بڵاوکردۆتەوە، ئەمانەن: کەمال رەشید شەریف، ڕێباز مستەفاو مەجید ساڵح. هەندێ لە وەرگێڕەکان کە لە بابەتێك زیاتریان هەبووە، ناوی خوازراویان بەکار هێناوە.

ئەم گۆڤارە لە قەبارەی ١٧ بە ٢٤,٥ سم دایەو یەکەم ژمارەی لە دوتوێی ٢٢٠ لاپەڕە دەرچووەو ژمارەی دوو لە دوتوێی ١٩٤ لاپەڕەدا. دیزاینەکەی ئاستێکی باشی هەیە و لە بەرگدا رەنگ بەکار هاتووە.

## چاپوک عومەر مستەفا



کادیرو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیەو دواناوەندیی پیشەسازیی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٠ لە پەیمانگای نەوتی بەسرە وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردوە. ساڵی ١٩٨١ لە کاتێکدا کە لە قۆناغی دووەمی پەیمانگادا بوە، لەگوندی نازەنینی ناوچەی خۆشناوەتی پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوەو دواتر ماوەی ساڵو نیوێکی لە ناوزەنگ، لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەر بردوەو پاشان بۆ تیپی ٩٣ی کۆیە گواستراوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٥ خولی کادیرانی تەواو کردووەو وەك کادیر گواستراوەتەوە بۆ دەشتی هەولێر. ساڵی پاشتر بۆتە لێپرسراوی ناوچەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە سنوری تیپی ٩٣ی کۆیەو دواتریش لە سنوری تیپی ٩٠ی باواجی.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە زۆربەی شەڕەکانی مەڵبەندی ٣ و ٤دا کردووە لەوانە شەڕەکانی دۆڵی بالیسان (١٩٨٣) و دۆڵی سماقولی (١٩٨٦) و چیای هەیبەت سوڵتان و کەڵکە سماق و کانی کوردە، سەرباری بەشداریی لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت و ئۆپەراسیۆنی لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك لە ساڵی ١٩٨٦.

ساڵی ١٩٨٨ بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤێت کراو لەوێ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وەدەست هێنا. پاش هەرەس هێنانی یەکێتیی سۆڤێت، چۆتە سویدو لەوێ گیرساوەتەوە. لەو ماوەیەی کە لە سوید بووە سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی روسیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردوە و ماوەیەکیش سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی سویدی کردوە.

ساڵی ٢٠٠٦ گەڕایەوە بۆ کوردستان. ساڵی ٢٠١٠ کرایە قایمقامی قەزای کۆیە.

## چاودێر (ڕۆژنامە)



چاودێر

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕوبەڕوبونەوەی دەستور .. یان کۆنفیدرالی

٧٧ پارێزگاکان

٢٦٦ پەرلەمانی عێراق

مەلا بەختیار لەبارەی بڕیارە تازەکەی پارتی، هۆشداریی دەدات

یەکێتی بەشداری حکومەت نەکات، باشترە لەوەی بەمجۆرە بەشداری حکومەت قبوڵ بکات

سەروتار

هەڵبژاردن و تاوتوێی ماوەیەمانیی یەکێتی و پارتی

ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ڕوناکبیری، کۆمەڵایەتیی هەفتانەیە،ساڵی ٢٠٠٤ مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە سلێمانی دەری کردووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ ڕۆژنامەکە پەیوەندیی بە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانەوە نەماوەو لە ژمارە ٢٨٨ بەدواوە کە لە٢٣ی ئابی ٢٠١٠ دەرچووە، ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر دەری کردووە، خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری مەلا بەختیارە، یەکەم ژمارەی لە٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤ دەرچووە.

ڕۆژنامەکە ستافێکی کارای هەبووە کە ژمارەی ئەندامەکانی بەپێی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم ستافە لە ژمارە بەرایییەکاندا لە سامی هادیو جەمال حسێن پێك هاتووە. لە ژمارە ٢٤دا ستافەکە ناهید حوسێنیو لە ژمارە ٤٨دا مەم بورهان قانعی بۆ زیاد کراوە. لە ژمارە ٨٦دا هێرش ڕەسول بۆتە ئەندامی دەستەی کاراو لە ژمارە ١٢٤دا محەمەد نوریی بۆ زیاد کراوە. لە ژمارە ٢٢٣دا جەمال حسێن و لە ژمارە ٢٣٧دا مەم بورهان قانع لە دەستەی کارا نەماونو لە ژمارە ٢٣٨دا بەهمەن تاهیر نەریمان بۆتە ئەندامی دەستەی کارا. لە ژمارە ٣٢٧دا محەمەد نوریو لە ژمارە ٣٣٤دا هێرش ڕەسول لە دەستەی کارا نەماون و بەم هۆیەوە دەستەی کارا تەنها سامی هادیو بەهمەن تاهیر نەریمانی گرتۆتەوەو لە ژمارە ٣٦٥دا ڕزگار فایقی بۆ زیاد کراوە.

لە ژمارەکانی نێوان ١-٤٧دا ستافی کارا ڕۆڵی دەستەی نوسەرانی گێڕاوە بەڵام لە ژمارە ٤٨دا لەپاڵ ستافی کارا، دەستەیەکی نوسەرانی پێکهاتوو لە ١٠ ئەندام بۆ ڕۆژنامەکە دانراوە کە ئەندامەکانی ئەمانەن: سەلام مستەفا، مامەند ڕۆژە، عومەر سەرگەتی، حەمە نوری کەریم، ڕەنج قەرەداغی، عەبدوڵڵا ئەحمەد، نەبەز محەمەد، عەزیز ڕەئوف، عەلی کوردستانیو سۆران عەبدوڵڵا. لە ژمارە ٤٩دا دەستەی نوسەران بابان حەمەی بۆ زیاد کراوە. لە ژمارە ٦١دا ڕۆژنامەکە دەستەی نوسەرانی نەماوە. بەڵام لە ژمارەکانی دواتردا چۆتەوە سەر سیستمی ستافی کارا. لە ساڵی ٢٠١٥دا ستافی کارا لە هەر یەک لە سامی هادی، بەهمەن تاهیر نەریمان و ڕزگار فایق پێکهاتووە.

ڕۆژنامەکە لە قۆناغی جیاوازدا چەند پاشکۆیەکی دەرکردووە کە هەر یەکێکیان ئامانجو تایبەتمەندیی خۆی هەیە. یەکەم پاشکۆ کەڕۆژنامەکە دەری کردووە پاشکۆیەکی چوار لاپەڕەییە بە ناوی «ڕەخنەی چاودێر» کە لە ژمارە ٤٩ بەدواوە دەرچووەو یەکەم ژمارەی لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە. لە پێناسەیدا وەك پاشکۆیەکی ڕەخنەیی ئەدەبیو ڕوناکبیری دەرکەوتووە کە دوو هەفتە جارێك دەرچووە. سامی هادی، محەمەد نوریو دانا ئەحمەد سەرپەرشتیی پاشکۆکەیان کردووە. لە ژمارە ٨دا جەلال بەرزنجی خراوەتە ستافی سەرپەرشتیارانی پاشکۆکەوە. لە ژمارە ٢٣دا سامی هادی بۆتە سەرپەرشتیارو محەمەد نوری بۆتە یاریدەدەری، هەر یەك لە جەلال بەرزنجی و دانا ئەحمەدیش بونەتە هاوکار. لە ساڵی ٢٠١٥دا بڕوا بەرزنجی بۆتە یاریدەدەری سەرپەرشتیار، ستافی پاشکۆکەش لە پێشەوا محەمەد و شاڵاو حەبیبە پێکهاتووە.

لە٩ی نیسانی ٢٠٠٧دا ڕۆژنامەکە پاشکۆیەکی تری بە ناوی چاودێری ڕیکلامەوە دەرکردوە کە تایبەت بووە بە ڕیکلام بەڵام تەنها چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووەو پاشان وەستاوە.

جگە لەم دوو پاشکۆیە، ڕۆژنامەکە پاشکۆیەکی دیکەی بە ناوی «چاودێری وەرزش» هەبووە کە لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان هەفتانە دەری کردووە. یەکەم ژمارەی ئەم پاشکۆیە لە ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٦ دەرچووە. سەرپەرشتیارەکەی خەسرەو گورون

قەسابەو یاریدەدەری سەرپەرشتیار زانا قادر عەزیز. لە ژمارەکانی دواتردا پاشکۆکە ناوی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستانی لەسەر نەماوەو رۆژنامەکە بە ناوی خۆیەوە دەری کردووە بەڵام سەرپەرشتیارو یاریدەدەرەکەی هەمان سەرپەرشتیارو یاریدەری پێشوو بون.

هەروەها لە ساڵی ٢٠١٠دا رۆژنامەکە پاشکۆیەکی تری بە ناوی «روانگەو رەخنە»وە دەرکردووە کە ئامانجەکەی دروست کردنی گفتوگۆیەکی کراوە بوە سەبارەت بە کاروباری ئیسلامگەرا. ئەم پاشکۆیە بەهمەن تاهیر نەریمان سەرپەرشتیاری بووە.

رۆژنامەکە لە یەکەم ژمارەوە بانگەشەی بۆ بەهاکانی دیموکراسی و لیبرالیزم و سکولاریزم و رەهەندەکانی مۆدێرنێتەو بیری هاوچەرخ کردووەو توانیویەتی جموجوڵێکی رۆشنبیریی فراوان پێك بێنێ. لەم چوارچێوەیەدا پەراوێزێکی بەرینی بۆ گفتوگۆو دایەلۆگ لە نێوان بیروباوەڕو ئاراستە جیاوازەکان رەخساندووەو بایەخێکی تایبەتی بەبوارەکانی فەلسەفەو بەرپەرچدانەوەی بیروباوەڕە تۆتالیتارەکان و بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردەییو مرۆڤگەرایی داوە.

ساڵی ٢٠١٨ قەیرانی دارایی تینی بۆ رۆژنامەکە هێناو ناچاری کرد بوەستێ. لە ٢ی نیسانی ٢٠١٨ ژمارە ٦٥١ کە دوایین ژمارەی رۆژنامەکەیە دەرچوو. لەو ژمارەیەدا دەستەی نوسەران لە وتارێکی ماڵئاواییدا وتی«راستە ئێستا قەیرانی دارایی بۆتە هۆکاری ئەوەی کە بڵاوکردنەوەی چاودێر رابگرین، بەڵام بەڵێنی ئەوەش دەدەین کە لەسەر خەباتی رۆشنگەری و رۆژنامەوانیی بەرپرسیارانە بەردەوام دەبین. بۆ ئەم مەبەستەش کەناڵی دیکەو شێوازی دیکە لەبەر دەستمان دایە، لەوانە دەتوانین تواناکانمان لە سایتی چاودێرو سایتی دابڕان و سایتی بنکەی گەلاوێژو سۆشیال میدیادا بخەینە گەڕ».

دوایین ژمارەی رۆژنامەکە بە مانشێتی «پەرلەمان کۆبونەوەیەکی نائاسایی لەسەر پەسندکردنی پڕۆژە یاسای چاکسازی دەکات» بڵاو بۆتەوەو زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکانی تایبەتن بە قەیرانی سوریا، هەڵوێستی فەرەنسا سەبارەت بە ناردنی هێز بۆ منبج، پەیوەندییەکانی فەرەنسا- تورکیا، کێشەی پاشەکەوتی موچە. ژمارەکە بە ٨ لاپەڕە دەرچووەو دوو پاشکۆی لەگەڵ دایە کە هەر یەکێکیان بە ٤ لاپەڕە دەرچووە، یەکەمیان ژمارە ٥٩٣ی پاشکۆی «رەخنەی چاودێر» و ئەوی تر ژمارە ٣٨٣ی پاشکۆی «روانگەی رەخنە»یە. پاشکۆی یەکەم پاشکۆیەکی هەفتانەی رەخنەیی ئەدەبی و روناکبیرییە و سامی هادی سەرپەرشتیارێتی و ئەوی تر پاشکۆیەکی تەرخانکراو بۆ بابەتەکانی ئیسلامی سیاسی و ئاییناسی و هزرە کە بەهمەن تاهیر نەریمان ئەرکی سەرپەرشتی کردنی لە ئەستۆدا بووە.

دوایین ژمارە چەند نوسەرێك بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە ئەڵوەند تەلعەت، سامان غەفور هەورامی، شێرزاد حەسەن، سەباح رەنجدەر، رێبین حەسەن، سەروەر پێنجوێنی، دیار ئیبراهیم. دوایین ستافی کارای رۆژنامەکە لە سامی هادی، بەهمەن تاهیر نەریمان و رزگار فایق پێکهاتووە.

## پاشکۆ

## رونکردنەوەیەك دەربارەی راگرتنی رۆژنامەی چاودێر

دوای ١٣ ساڵ و شەش مانگ بەردەوامیمان لە خزمەتکردنی رۆژنامەگەریی کوردی و بیری رۆشنگەری، ئەمرۆ هەواڵی راگرتنی رۆژنامەی چاودێر بە خوێنەرانی ئازیزی رۆژنامەکەمان

رادەگەیەنین. هۆکاری سەرەکیی ئەم بڕیارەشمان بە پلەی یەکەم بۆ قەیرانی دارایی دەگەڕێتەوە، جگە لەوەش گواستنەوەی تواناکانمانە لە ڕۆژنامەی کاغەزەوە بەرەو ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی و دیجیتاڵ میدیاو سۆشیال میدیا.

ڕۆژنامەی چاودێر یەکەم ژمارەی لە ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ دەرچووە، ئەمڕۆش لە کاتێکدا هەواڵی ڕاگرتنی ئەم ڕۆژنامەیە ڕادەگەیەنین، ژمارە ٦٥١ی بڵاو دەکەینەوە، واتە چاودێر زیاتر لە ١٣ ساڵە خزمەتی ڕۆژنامەگەریی بەرپرسیارو دەربەست و ڕۆشنگەری و ڕەخنەو فیکری سیاسی و فەلسەفی و سکولاریزم دەکات.

١٣ ساڵ تەمەنێکی کەم نیە لە نێو مێژوی هاوچەرخی ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا. چاودێریش لە پاڵ پڕۆژە جیددییەکانی دیکەی بواری ڕۆژنامەنوسیدا ژمارەیەکی دیارو پشکێکی باش و بەرچاوی لە خزمەتکردنی بواری میدیا لە کوردستان بەر دەکەوێت. سیانزە ساڵ مێژویەکە کە بۆ لێکۆڵینەوەو تێگەیشتن و توێژینەوە لە ڕوداوەکانی ئەو مێژووە، بۆ زانینی دیوی ناوەوەی ڕوداوەکان، ناکرێت فەرامۆش بکرێت، یان ناکرێت سودێکی زۆر لە خەرمانی ئەم ڕۆژنامەیە وەرنەگیرێت و وەرنەگیرابێت.

دەرچونی چاودێر هەر لە سەرەتاوە ئامانج و مەبەستی خۆی هەبوە، بە جۆرێك لە نێو سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا ئەو ئامانج و تایبەتمەندییانەی هەیبوە، جیایان کردۆتەوە لەوانی دیکە. دەکرێت بڵێین ئەو ئامانج و مەبەستەی لە پشت دەرچواندنی ئەم ڕۆژنامەیە بووە، ئامانجێکی ڕۆشنگەری بووە، ئامانجێك بووە لەسەر پرنسیپی بەرپرسیارێتی و ڕەخنەی جیددی بونیات نراوە. وەکو تر، هەر کەسێك بە گومانەوە بڕوانێتە ئەو ئامانجانە، غەدرێکی گەورە لە چاودێرو لەو خزمەتە زۆرەی بە ڕۆژنامەنوسیی کوردیی کردووە، دەکات. بۆ سەلماندنی ئەم قسانەشمان، نمونەی زۆر لەبەر دەست دان و وەك دیکۆمێنت هەن و کەسانی لێکۆڵیارو توێژەر دەتوانن ئەرشیفی ئەم ڕۆژنامەیە هەڵبدەنەوەو ئەو ڕاستییانە بسەلمێنن.

چاودێر ئاراستەیەکی دیکە بووە لە ڕۆژنامەنوسیی کوردی کە دەکرێت ئەم ئاراستەیە بە ئاراستەی هێڵی ناڤین بناسێنین، واتە لە نێوان ڕۆژنامەی حزبی و ڕۆژنامەی ئەهلیدا خۆی بینیوەتەوە. لەم هێڵەدا هەمیشە جێگەی ڕەخنەی هەبوە. ئەسڵەن ئەوە مەودای فراوانی ڕەخنەگرتن بووە کە توانیویەتی ئەم ڕۆژنامەیە لە ناو فەوزای ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا، جێگەی خۆی بکاتەوە. ئەوە ڕەخنەگرتن و لێکۆڵینەوەو بابەتە جیددی و ڕاپۆرتە باش و پڕ زانیارییەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بووە کە لەبەردەم شاڵاوی دنیای فەیسبوك و ئینتەرنێت و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی نێو میدیای بینراوو بیستراوو کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا توانیویەتی پێگەی خۆی بپارێزێت.

پاراستنی ئەم پێگەیەش شانازییەکی زۆرە بۆ سەرجەم ئەو ڕۆژنامەنوس و نوسەرو لێکۆڵیارانەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەم ڕۆژنامەیە کاریان کردووە یان بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوەو هاوکاری ئەم پڕۆژە جیددییە بون.

چاودێر جگە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و هتد، گرنگییەکی تایبەتی بە بوارەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی داوە. بۆ ئەم مەبەستەش پاشکۆیەکی تایبەت بە ناوی «ڕەخنەی چاودێر»بۆ ئەم بوارە تەرخان کرا کە دەتوانین بڵێین کەم نوسەر و ئەدیب و شاعیرو ڕەخنەگرو چیرۆکنوسی کوردستان هەیە کە لەم پاشکۆیە بابەتیان بڵاو نەکردبێتەوە.

جگە لە بواری ئەدەبیش، یەکێك لە ستراتیجەکانی تری چاودێر بواری فەلسەفی و لێکۆڵینەوەی ئاینی

و توێژینەوەو ڕەخنەگرتن بووە لە سەلەفیەت و هزرە توندڕەوە ئاینییەکان. بۆ ئەم مەبەستەش پاشکۆی «ڕوانگەو ڕەخنە» جێگەی دەستی لەم بوارەدا دیارە کە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکە ئەم ئەرکە گرنگەیان فەراموش کردبوو بەڵام چاودێر توانیبوی بە بوێرییەوە ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

ئێستا دوای ١٣ ساڵ جگە لەوەی مێژوی پڕشنگدارمان لە ناو مێژوی ڕۆژنامەگەری تۆمار کردووە، بەرهەمی فیکری ڕۆشنگەریشمان هەبوە، دامەزراندنی پلاتفۆرمی دابڕان و کۆبونەوەی سەدان و هەزاران مامۆستای زانکۆو خوێندکاران و چین و توێژەکانی دیکە لە دەوری پڕۆژەیەکی ڕۆشنگەری، بەرهەمی ستراتیج و خەباتی چەندین ساڵەی ڕۆژنامەی چاودێرە.

ڕاستە ئێستا قەیرانی دارایی بۆتە هۆکاری ئەوەی کە بڵاوکردنەوەی چاودێر رابگرین، بەڵام بەڵێنی ئەوەش دەدەین کە لەسەر خەباتی ڕۆشنگەری و ڕۆژنامەوانیی بەرپرسیارانە بەردەوام دەبین. بۆ ئەم مەبەستەش کەناڵی دیکەو شێوازی دیکە لەبەر دەستمان دان، لەوانە دەتوانین تواناکانمان لە سایتی چاودێرو سایتی دابڕان و سایتی بنکەی گەلاوێژ و سۆشیال میدیادا بخەینە گەڕ.

لە کۆتاییشدا جێگەی خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لە یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەوە بە پلەو ئاستی جیاواز تا ئەمڕۆ کاریان تێدا کردووەو هاوکارییان کردوین، بەتایبەتی ئەو هاوکارانەی کە لەم سێ ساڵەی دواییدا بە هۆی قەیرانی داراییەوە، خۆبەخشانە لەگەڵمان بون و دەستبەرداری ئەم پڕۆژە ڕۆشنگەرییە نەبون. سوپاسی ئەو ڕۆژنامەنوسانە دەکەین کە بە دوو مانگ جارێك موچەیەکی کەمیان وەرگرتووە، بەڵام هەر بەردەوام بون لەگەڵمان.

ستافی ڕۆژنامەی چاودێر

٢٠١٨/٤/٢

## چرا عومەر سابیر



کادیری دێرینی ڕێکخستنو ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣ی گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر گوندی گەبەی سنوری شارۆچکەی پیرەمەگرون. ساڵی ١٩٧٠ خراوەتە بەر خوێندن و تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندویەتی.

ساڵێك پاش شەهیدبونی براکەی، حەسیب، ناسراو بە ئاسۆی دەلاك، کە قارەمانێکی گەورەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بوو لە ناو شاری سلێمانیدا، لە ساڵی ١٩٨٠دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە کەرتی لەیلا قاسم ڕێك خرا. لەو ماوەیەدا وەك هەڵسوڕاوێکی چالاکی ڕێکخستن کاری کردووەو ڕۆڵێکی گەورەی لە دابەش کردنی بەیاننامەکانی شۆڕشدا بەسەر ماڵاندا بەشەو گێڕاوە.

ساڵی ١٩٨٢ بەشدارییەکی کارای لە خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانیدا کرد لە دژی ڕژێمی بەعس. پاش دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان، فشاری دەزگا ئەمنییەکان لەسەری زیادی کرد، بەتایبەتی کە تەنانەت پێش خۆپیشاندانەکانیش، لەو سۆنگەیەوە کە جموجوڵی لە ناو ڕێکخستنەکاندا کارا بووەو خوشکی ئاسۆی دەلاك بووە، دەزگا ئەمنییەکان بە بەردەوامی تەنگیان پێ هەڵچنیوە. زیادبونی فشار لەسەری پاش خۆپیشاندانەکان، دۆخێکی وای بۆ پێکهێنا کە چیتر نەتوانێ لە شار

بمێنێتەوە. هەر ئەو ساڵە شوی بە قادر حاجی حەسەن عەبدوڵڵا، پێشمەرگەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ کردو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە گیرسایەوە. ئەم قۆناغەی ژیانی تا ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی قەرەداغ، لەگوندەکانی نەوتیو تلەزەیتو داری زیایین و وێلەکەی بچوک، بەسەر برد. لەو ماوەیەی کە تێیدا لەلادێ ژیاوە، رۆڵێکی دیاری لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ژنانی لادێدا گێڕاوە، هەم لەڕوی سیاسییەوە هەم لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە.

لە کاتی شاڵاوی دووەمی ئەنفالدا کەساڵی ١٩٨٨ ناوچەی قەرەداغی گرتۆتەوە، توشی نەهامەتییەکی زۆر هات و ناچار بوو بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کێڵگەیەکی پەلەوەر لە دەوروبەری شارۆچکەی بەکرەجۆو لە ماڵێك لەگەڕەکی بەختیاریی شاری سلێمانی خۆی بشارێتەوە. ساڵی ١٩٩٠ بە هۆی لێبوردنی گشتییەوە ژیانی تا ڕادەیەك ئارامیی بە خۆیەوە بینی.

ساڵی ١٩٩١ دوا بە دوای راپەڕین، لە بواری ڕێکخستندا کەوتەوە گەڕ، وەك ئەندامی کەرت لە کۆمیتەی یەکی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی کاری کردو لەو روانگەیەوە کە پێشتر لە کاتی پێشمەرگایەتیدا چەند ساڵێکی لە ناوچەی قەرەداغ بەسەر بردبوو، وەك لێپرسراوی کەرتی ژنان بۆ ئەوێ نێردراو توانی سەرکەوتنی بەرچاو لە کارەکانیدا بەدەست بێنێ.

لە ساڵی ١٩٩٦دا کاتێك هێزی پێشمەرگەی ژنان دروست کرا، پەیوەندیی پێوە کردو بووە پێشمەرگە لەو هێزە. ساڵی ١٩٩٨ بە پلەی ئەندامی کۆمیتە گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی شەهیدانو لەوێ لە بەشی ئامارو وردبینی کاری کرد. ساڵی ٢٠٠٠ لەکۆمیتەی ڕێکخستنی سەرچنار لێپرسراوەتیی کەرتی ژنانی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠١ بەشداریی لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو لە ساڵی ٢٠٠٤دا بە پلەی ئەندامی بەش گوێزرایەوە بۆ بەشی چاودێریو هەڵبژاردن لە مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی.

ساڵی ٢٠١٠ بەشداریی لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. دواتر، لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردی مەکتەبەکاندا لە نیسانی ٢٠٢٠، بە لێپرسراوی بۆردی شەهیدان و کاروباری جینۆسایدی سەر بە مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران هەڵبژێردرا.

## چنارە (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لەسەر ڕێگای سەرەکیی نێوان عەربەت-دەربەندیخان لە نزیك گوندی چنارە لە ٢٩ی شوباتی ساڵی ١٩٨٢. لەم چالاکییەدا مەفرەزەیەکی تیپی ١١ی هەورامان کە پێکهاتبوو لە شەریف کۆکۆیی، جەلال مەلا نەجمە، عومەر چاوجوان، فازیل قادر شەمێرانی و کامەران عوسمان حەمە پیرەژن بۆسەیەکی لە نزیك گوندی چنارە لەسەر ڕێگای سەرەکیی نێوان عەربەت- دەربەندیخان دابەست.

سەعات ١٣ کاروانێکی سەربازی کە ڕۆژانە چاودێریی ڕێگاکەی دەکرد، کەوتە بۆسەکەوەو هێزی پێشمەرگە لێی هاتە دەست، لە ئاکامدا هێزەکەی سوپا ئەفسەرێکی بە پلەی رائیدو ١٤ سەربازی لێ کوژرا.

پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو. پاش ئەنجامدانی چالاکییەکە، مەفرەزەکە بەرەو گوندی ئەحمەد بڕنە کشایەوە.

## چنگیان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان دەستەیەك پێشمەرگەی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ و هێزێکی سوپای عیراق لەگوندی چنگیان لە ناوچەی شارباژێڕ. لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٧٨دا هێزێکی سوپای عیراق بە مەبەستی ئابلۆقەدان و لە ناوبردنی پێشمەرگە، هەڵی کوتایە سەر گوندی چنگیان. پاش سێ سەعات شەڕ، دەستەکە بە سەلامەتی دەربازی بوو.

## چنگیان (شەڕ)

شەڕێکە لە ٢٧ی ئەیلولی ١٩٧٨دا لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق لە نێوان گوندی چنگیان و گوندی باراو لە ناوچەی شارباژێڕ.

لەم شەڕەدا سوپای عیراق ژمارەیەکی زۆر سەربازی بە هەلیکۆپتەر بۆ لە ناوبردنی مەفرەزەیەکی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ هەڵڕشت. لەگەرمەی شەڕەکەدا دوو مەفرەزەی لقی ٢ بەفریای پێشمەرگەکانەوە چوون و بە هەموویان هێزەکەی سوپایان راوناو زیانێکی گیانیی زۆریان لێدا.

## چوارتا (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ و سەربازانی سوپای عیراق لە چوارتا لە ٩ی ئابی ١٩٧٨. هێزی پێشمەرگە بە ئار بی جی هێرشی کردە سەر ماڵی قایمقامی چوارتا کە چەند سەنگەرێکی سوپا پاریزگارییان لێدەکرد. لە ئاکامدا ٤ سەرباز کوژران و ٢ سەربازی دیکەش بریندار بوون.

## چوارڕیانی سەرچنار (روداو)

روداوی گوللەباران کردنی پێنج پێشمەرگەی ناوشاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ لە چوارڕیانی سەرچنار بە بەرچاوی خەڵکەوە. لە٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧دا تیمێکی کوشتنی سەربازی لە چوارریانی سەرچناری شاری سلێمانی پێنج پێشمەرگەی ناوشاری رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بە ناوی جەلال عەبدوڵڵاو کەمال سالح ناسراو بە کەمالی موهەندیس و بەرهەم عومەر سەعید قزلەریو تاریق قادر سەعید و عەلی حەمە رەحیم بە بەرچاوی هاووڵاتییانەوە گوللەباران کرد. هەر پێنجیان ئەندامی رێکخستنەکانی یەکێتی بون لە ناو شاری سلێمانیو بەبێ دادگایی گوللەباران کران.

دەزگا ئەمنییەکان تەنها بەگوللەباران کردنیان دانەکەوتن بەڵکو هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکانیانو هەر خزم کەسوکارێکیان تێدا بەردەست کەوت دەستگیریان کرد، لەوانە خزم و کەسوکاری سێ کەس لەگوللەبارانکراوەکان شوێنبزر کران.

لە کەسوکاری جەلال عەبدوڵڵا، باوکیو رەعنا خانی دایکیو عەتای برایو هەر سێ خوشکەکەی، نەسرینو پەروینو شلێر، بێ سەروشوێن کران. لەکەسوکاری کەمال سالح، باوکیو گوڵەخانی دایکی بێ سەروشوێن کران. لەکەسوکاری بەرهەم عومەر سەعید قزلەری، فەخریە کەریم قادری دایکیو ئازادی برایو مەهابادی خوشکی بێ سەروشوێن کران. لەکەسوکاری تاریق قادر سەعید دایکیو لەکەسوکاری عەلی حەمە رەحیم هاوسەرەکەی دەستگیرکرانو دواتر ئازاد کران. سەربار، خانوی هەر پێنج گوللەبارانکراوەکە روخێنرا و حکومەت دەستی بەسەر هەموو ماڵو داراییاندا گرت.

تا ساڵی ١٩٩١ هیچ زانیارییەك دەربارەی

چارەنوسی دەستگیرکراوەکان نەبوو. پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بەڵگەنامەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی سلێمانی دەریانخست کە دەستگیرکراوەکان بە بڕیاری عەلی حەسەن مەجید براون بۆ کەرکوك و لەوێ لە١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٨٧دا لە ناو براون. سەرەڕای هەموو هەوڵ و کۆششەکان، تەرم و گۆڕەکانیان بەشوێن بزری ماوەتەوە.

## چۆخماخ (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان دەستەیەك پێشمەرگەی هەرێمی ٤و هێزێکی کۆماندۆی سوپای عیراق و جاشەکان کە لە ١٢ی نیسانی ١٩٧٨ هێرشیان هێنابووە سەر دۆڵی جافەتی. پێشمەرگە لە نزیك گوندی چۆخماخ لێیان ڕاپەڕین و دایاننە بەر ڕێژنەی گوللە. هێزەکەی دوژمن بەبێ بەدی هێنانی هیچ ئامانجێك، پاش ئەوەی جاشێکی لێ بریندار بوو، ناوچەکەی بەجێ هێشت.

## چۆمان (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لە ناو شارۆچکەی چۆمان کە پێشمەرگەی هەرێمی ٧ی باڵەك لە ١٤ ی تەموزی ساڵی ١٩٨٧ دا ئەنجامیان داوە. کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکە هاوکات بوو لەگەڵ یادی بیست ساڵەی شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ ی عێراقدا کە تێیدا ڕژێمی پاشایەتی ڕوخا و کۆمار لە عێراق ڕاگەیەندرا. لەو ڕۆژەدا هێزەکانی عێراق لە چۆمان سەرقاڵی ئاهەنگ گێڕان بون.

مەفرەزەیەکی هەرێمەکە بە پێی پلانێکی تۆکمە خۆی گەیاندە شوێنی ئاهەنگەکە و هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر ئاهەنگگێڕەکان. لە ئاکامدا ٣ ئەفسەر و ٣جاش کوژران.

لە تۆڵەی ئەم چالاکییەدا سوپا چەند هاوڵاتییەکی گرت و چەند خانویەکی لە دەوروبەری شوێنی ڕوداوەکە سوتاند. پێشمەرگەکانی هەمان مەفرەزە لە ٢٣ ی ئابدا لە دوو چالاکی دا پەلاماری بنکەیەکی پۆلیس و فەرمانگەی ئاسایشیان داو کەتیبەی لیوای چۆمانیان بۆردومان کرد.

لە سەربازگەکەدا ٣ سەرباز کوژران. زیانی شوێنەکانی تر نەزانراوە.

## چۆمان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی کەرتی ٧٢ و ژمارەیەك لە جاشەکان لە دەوروبەری شارۆچکەی چۆمان لە ٢ی ئەیلولی ١٩٧٨. لە ئاکامدا ٤ جاش کوژران و ٧ جاشی دیکە بریندار کران.

## چەپکە گوڵ (گۆڤار)

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە، بەشی روناکبیریی کۆمیتەی ڕێکخستنی پشدەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە. لە یەکەم سەروتاری گۆڤارەکەدا گوزارشت لەوە کراوە کە لایەنی بەرپرس لە دەرکردنی گۆڤارەکە ئومێدەوارە گۆڤارەکە «ببێتە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی هەموو بیروڕا جیاوازەکان». هەمان بیرۆکە لە وتارێکی ژمارە ١دا کە ئاسۆ دارا نوسیویەتی، دوبارە کراوەتەوەو وا نیشان دراوە کە گۆڤارەکە «مەبەستێتی قەڵەمە فرە بۆچونەکان کۆ بکاتەوە».

تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٨، هەشت ژمارە لە گۆڤارەکە دەرچووە، ژمارەی یەکەم لە زستانی ساڵی ٢٠١٧دا دەرچووە، ژمارەی هەشتەمیش لە هاوینی ساڵی ٢٠١٨دا.




لە گۆڤارەکەدا عەبدولقادر محەمەد ئیبراهیم لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گرتۆتە ئەستۆ. گۆڤارەکە جێگری سەرنوسەری نەبوە، بەڵکو بەڕێوەبەری نوسینی هەبوەو ئەم لێپرسراوەتییە لە ئەستۆی بەکر مەحموددا بووە. دەستەی نوسەران بە شێوەی ستافی نوسین گوزارشتی لێ کراوەو تا ژمارەی دووەم لە سنور عومەر رەحمان و پەرژین سلێمان پێك هاتبوو. لە ژمارەی سێیەمدا شادان قادر بۆ ستافەکە زیاد کراوە. لە ژمارەی حەوتەمدا سنور عومەر رەحمان لە ستافی نوسین نەماوە.

گۆڤارەکە بایەخی بە چەردەیەك بابەت داوە کە هەندێکیان سەرباری گرنگییان لە روی رۆشنبیریی گشتییەوە، بایەخێکی تایبەتیشیان بۆ ناوچەکە هەبوە. بە شێوەیەکی گشتی، بابەتە جێ بایەخەکانی گۆڤارەکە چەند بوارێکیان گرتۆتەوە لەوانە جیۆپۆلەتیکی کوردستان، کێشەی مادده هۆشبەرەکان، سیستمی سیاسی، مێژوی بزاڤی نیشتمانیی کورد، پرسەکانی دیموکراسی، شوێنەوارە دێرینەکان، سکولاریزم، سیستمی پەرلەمانی، سۆفیگەری، ئاسایشی نەتەوەیی، کاروباری ژینگە، سەرباری بایەخدان بە شێوەیەکی تایبەت بە کاروباری ژنان، کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بیرەوەرییەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی.

گۆڤارەکە لە بابەتەکانیدا، لەو روانگەیەوە کە لە دەڤەری پشدەر دەرچووە، بایەخێکی تایبەتی بە ناوچەکە داوەو لەم سەروبەندەدا چەردەیەك بواری تایبەت بە ناوچەکەی روماڵ کردووە لەوانە پشدەر لە سەردەمی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، مێژوی ناوچەکە پێش پەیدابونی ئیسلام، تۆماری شوێنە ئارکیۆلۆژییەکان، وەرزش لە دەڤەرەکەدا، راگواستنی گوندەکانی ناوچەکە.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ٢٩,٥ بە ٢٠,٥سم دەرچووە. لە هەر ژمارەیەك یەك هەزار دانە لە سلێمانی لە چاپخانەی حەمدی چاپ کراوە. بەشی تەکنیکی لە سامان سیا، رێبین محەمەد پیرۆت و بەکر مەحمود پێك هاتووە. گۆڤارەکە دیزانێکی پێشکەوتوی هەیەو هەردوو بەرگی پێشەوەو دواوەی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دیزاین کراون. هەموو ژمارەکان بە ٨٤ لاپەڕەی دەرچون و لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا بە شێوەیەکی فراوان سود لە وێنە وەرگیراوە.

زۆربەی ئەو نوسەرانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، خەڵکی دەڤەری پشدەرن لەوانە عومەر هەمزەساڵح، ئەرسەلان مەحمود، ئەحمەد محێدین، ئەڤین میر خەزەڵ، هێرش رەسول، چنار مستەفا، هەمزە سەلیم، لوقمان خدر سەنگەسەری، خالید ئیبراهیم، دڵشاد ئەمین، محەمەد چەکوانی، سەلیم میراودەلی، ئەحمەد قادر سەعید، عەبدوڵڵا خدر سەلیم حەسەن، هێما پشدەری،

عومەر ئیسماعیل مارف، کۆسار هێرۆیی، شێرکۆ شێخ نوری، پشدەر بەکر، رەنگین مەحمود شەریف، دابان لەتیف حەمە ئەمین، حەمید ئەحمەد عەبدولفەتاح، شادان قادر، پەرژین سلێمان، ئەرسەلان حەسەن، ئاراز رەسول مەحمود، عەلی عەبدوڵڵا وەیس، عوسمان رەسول حەسەن سەنگەسەری. مایەی تێڕامانە کە زۆربەی ئەوانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لاوەکانن، لەوانە رێژەیەکی بەرچاویان ژنن.

هەرچەند گۆڤارەکە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەسەرەو کۆمیتەی رێکخستنی پشدەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە، بەڵام گۆڤارەکە سیاسەتێکی کراوەی پیادە کردووە بە چەشنێك کە سەرکەوتوو بووە لەوەی کە وەك گۆڤارێك بۆ خزمەت کردنی ناوچەکە خۆی بنوێنێ و نەکەوێتە داوی تەنگبینیی حزبایەتییەوە.

## چەتۆ حەوێزی



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی چەتۆ رەئوف محەمەد. لەدایکبوی ساڵی 1951ی شاری کۆیە. لە بنەماڵەی حەوێزییەکانە کە یەکێکە لە بنەماڵە دێرینەکانی کۆیە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە شاری کۆیە تەواو کردووە.

لەو روانگەیەوە کە لە ژینگەیەکی بە بیروباوەڕی چەپ‌و کوردپەروەرانە پەروەردە کراوە، زۆر زوو ئاشنایی لەگەڵ بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەو نیشتمانپەروەرانە پەیدا کردوە. داشکاندنی بە لای پشتگیری کردنی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا رەنگدانەوەی ئەو ژینگەیە بووە.

ساڵی ١٩٦٧ دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی، لە خانەی مامۆستایانی هەولێر وەرگیرا. بەڵام لەبەر هەلومەرجی تایبەتی ژیانی، خوێندنی پێ تەواو نەکراو دواتر بە چاودێری رێوبان لەسەر رێی کۆیە- هەولێر دامەزرا.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکرات لە ساڵی ١٩٧١، کرایە سکرتێری ناوچەی کۆیەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان‌و ئەندامی لیژنەی پیشەیی کرێکاران. ساڵی ١٩٧٤ پاش هەرەس هێنانی وتووێژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان‌و حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو ماوەی ساڵێکی لە سەرسەنگ و قەڵادزێ بەسەر برد.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ کۆیەو ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا کە خوێندنی خانەی مامۆستایان تەواو بکات. دواتر، لەگوندێکی دوری سنوری حاجی ئۆمەران وەك مامۆستا دامەزرا.

لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد, ساڵی ١٩٨١ لە ناوچەی باڵەکایەتی پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەوێ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لەوێوە چوو بۆ ناوچەی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ‌و لە بارەگای دەزگای راگەیاندنی بزوتنەوەی سۆسیالیست وەك کادیری تەکنیکارو وەرگێڕ کاری لەگۆڤاری «بزوتنەوە»دا کردو چەند وتارێکیشی بە ناوی خوازراو تێدا بڵاوکردەوە.

ساڵی ١٩٨٢ بەشداریی لەو وتووێژەدا کرد کە بۆ یەکگرتنەوەی هێڵی گشتی‌و بزوتنەوەی سۆسیالیست هاتە ئاراوەو پشتگیریی پرۆژەی دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی کرد. پاش دامەزراندنی

یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوە تازەکە. ساڵی ١٩٨٣ وازی لە بواری ڕاگەیاندن هێناو بووە ئەندامی لقی ٢ی هەولێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانو لەگوندی بۆتێ گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٤ وەك كادیر لەمەکتەبی ناوەندیی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کاری کردو دواتر کرایە ئەندامی مەکتەبی دارایی گشتی.

ساڵی ١٩٨٦ وەك ئەندامی مەڵبەندو لێپرسراوی سیاسی گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی چوارو لەو ماوەیەدا بەشداریی لە زۆربەی چالاکییەکانی مەڵبەندەکەدا کردووە. دوای تێکهەڵکێش کردنی مەڵبەندی ٣ و ٤ بووە ئەندامی مەڵبەندی ٣ و لەم سەروبەندەدا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی لە سنوری پارێزگای هەولێر گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە هەلومەرجێکی سەختو دژواردا بارەگای گواستەوە بۆ قاسمە ڕەش. ساڵی ١٩٨٩ پاش پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پارتیزانەکانی ناوخۆ (سەپان) کە دامەزراوەیەکە بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی ڕێکخستنو ئیدارەدانی هێزە پارتیزانەکان پێك هێنراوە، خۆیو ڕەفعەت عەبدوڵلا پیرداوود کرانە ئەندام تێیدا.

هەر ئەو ساڵە لە پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لە ناوزەنگ بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە کرایە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا پاش چونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو ڕانیە، لەگەڵ هێزێکی گەورەدا بەرەو سنوری پارێزگای هەولێر بەڕێ کەوتو لە شوێنێکدا لە نێوان بێستانەو هیزۆپ ڕابەرایەتیی ڕەتڵێکی هێزەکەی کرد بەرەو کۆیە. لەو قۆڵەدا توانی هەموو ئەرکەکانی بە سەرکەوتویی جێبەجی بکا. دوای ڕاپەڕین، بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی لە بەرەی کوردستانی لە هەولێر.

ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك. ساڵی دواتر لەگەڵ پێکهێنانی مەڵبەندی ٦ی ڕێکخستنی سۆران کە لە سەرەتادا بارەگاکەی لە شەقڵاوە بوو، کرایە لێپرسراوی مەڵبەندە تازەکە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٤-٢٠٠٠دا لێپرسراوەتیی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی لە ئەستۆدا بووە. ساڵی ٢٠٠٠ بۆ جاری دووەم لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوکی گرتە ئەستۆ.

لە ساڵی ٢٠٠١ دا کرایە لێپرسراوی دەزگای شەهیدانو دواتریش، لە ڕەوتی گێڕانەوەی دامەزراوە شەرعییەکاندا، کرایە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە خولی گواستنەوەدا.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا لەو ٨٠ ئەندامە بوو کەکۆمیتەی سەرکردایەتی کاندیدی کردن بۆ ئەندامەتیی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند. ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی پەرلەمانتار خانەنشین کرا.

## چەتۆ ساڵح سەعید



پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ی گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوك. قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووەو لە ساڵانی

دواتردا خوێندنی دواناوەندیی لە دەربەندیخان تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە کەرتی ڕێکخستنی بنگردی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە شانەی شەیدای پۆلی چەمی ڕێزان ڕێك خراوە. ساڵی دواتر بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی ٣ی مەرگەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس. دوای شەش مانگ بۆ تیپی ٢١ی کەرکوك گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٧ بەشدار بووە لە خولی عەسکەریی ئەهواز بۆ مەشقو ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی موشەکی مالۆتکا. هەر لەو ساڵەدا دەزگا ئەمنییەکان برایەکیان لە کەرکوك بە بەر چاوی خەڵکەوە گوللەباران کردو دواتریش پێنج برایو باوکیان دەستگیر کردو تا ئێستا سێ برای بێسەرو شوێنن. لە ساڵی ١٩٨٨دا برایەکی تری بە ناوی عەبدولهادی سالح سەعید لەگوندی شاناخسێی ناوچەی شارباژێر لە هێرشێکی کیمیایی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی عیراقدا شەهید بوو.

لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا، پاش نەهامەتییەکی زۆر، براو دایکی گەیاندە شارۆچکەی تەکیەو خۆیشی هەڵکشایە سەر سنور. ساڵی ١٩٨٩ لە ئێران بەشدار بوو لەخولێکی عەسکەریی دیکە لە شاری مازندەران.

ساڵی ١٩٩٠ بە نهێنیو بە ناسنامەی ساختە دەچێتە ڕانیەو لەوێدا بەیارمەتیی ڕێکخستنە نهێنییەکان براو دایکی دەدۆزێتەوە. هەر ئەو ساڵە دەزگا ئەمنییەکان چەند کادیرێکی ڕێکخستنەکانیان لە ڕانیە دەستگیر کرد، بۆیە بەر لەوەی مەترسییەکە بگاتە لای، ڕانیەی بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕستی سورداشەوە کرد کە غەریب هەڵەدنی ڕابەرایەتیی دەکردن. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە چالاکییەکانی پێشمەرگە پارتیزانەکان لە پانتایی نێوان سورداشو شێخ بزەینی.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدارییەکی کارای لەئۆپەراسیۆنەکانی گرتنی ڕانیەو دوکانو سلێمانیو چەمچەماڵو قەرەهەنجیرو کەرکوکدا کرد. هەر ئەو ساڵە کرایە کارگێڕی کۆمیتەی پیرەمەگرون و دواتر لەوێ بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبەرەی کوردستانی. ساڵی دواتر ڕاژەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کەرکوك لە دەربەندیخان گواستەوەو لە ساڵی ١٩٩٣دا کرایە بەرپرسی لێکۆڵینەوە لەئاسایشی ناوشاری هەولێر.

ساڵی ١٩٩٦ لە کۆلیجی عەسکەریی قەڵاچوالان بەشداریی لە خولی ئەفسەراندا کردو هەمان ساڵ لێپرسراوەتیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕانیەی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٠ کرایە جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکوك لە دەربەندیخان. ساڵی ٢٠٠٣ کرایە جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك لەدەربەندیخان. ساڵی ٢٠٠٧ بە پلەی لیوا گوێزرایەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆو هەر لەو ساڵەشدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆی سلێمانی وەدەست هێنا. هەمان ساڵ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی کێوماڵ کردنی چیای حەمرین کە تێیدا ناوچەکە لە ماوەی سێ مانگدا لە چەکدارەکانی ڕێکخراوی قاعیدە پاك کرایەوە. ساڵی ٢٠١٨ ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی «ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە جەنگی دژ بە تیرۆر لە عیراقدا ٢٠٠٣-٢٠١٤» پێشکەش بە کۆلێجی یاسا و سیاسەتی زانکۆی سلێمانی کردو بڕوانامەی ماستەری لە بواری زانستی سیاسەتدا پێ بە دەست هێنا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لەسەر بازنەی کەرکوک بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٢٠ لێپرسراوەتیی بریکاری وەزارەتی ناوخۆی پێ سپێردرا.

## چەچان (شەڕ)

زنجیرە شەڕێکە لە ماوەی نێوان ٧و ١٤ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عیراق لە ناوچەی داودەی گەرمیان. لە٧ی ئایاردا هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر هەردوو گوندی چەچان و نامیق بە مەبەستی وێران کردنی هەردوو گوندو ڕاگواستنی دانیشتوانەکەیان. هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان و مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیری بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو نەیانهێشت هێزەکانی عیراق ئامانجەکانیان بێننە دی. هێزەکانی عیراق لە پێکدادانەکاندا پێنج سەربازیان لێ کوژرا. هێزی پێشمەرگە سەربازێکی بە دیل گرت و دەستی بەسەر کلاشنکۆ فێکدا گرت.

بەرەبەیانی ١٣ی ئایار هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە پاڵپشتی دوو تانك و پێنج زرێپۆش و دوو فەوجی سوکی جاشەکان و هێزێکی میلیشیاکانی جەیش شەعبی هەڵکشایە سەر گوندی چەچان بە مەبەستی تەخت کردنی گوندەکە.

هێزەکانی کەرتی ٥ و ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان و مەفرەزەیەکی بەشی کۆمەڵایەتیی مەڵبەندی یەك و مەفرەزەیەکی ناوچەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان و مەفرەزەیەکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە هێزە پەلاماردەرەکە هاتنە دەست و لێ نەگەڕان گوندەکە تەخت بکات. پاش شەڕێك کە چەند سەعاتێکی خایاند، هێزەکانی عیراق بە شپرزەیی کشانەوەو سێ شۆفلیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ هێشت. پێشمەرگەکان لەو سێ شۆفلە، یەکێکیان گڕ تێبەردا و دوانیان هێشتەوە.

ڕۆژی پاشتر هێزەکانی عیراق، بە پاڵپشتی ٣ تانك و ٥ زرێپۆش و دو فەوجی سوکی جاش، بۆ هەمان مەبەست هێرشیان کردە سەر گوندی چەچان. ئەمجارە هێزەکانی کەرتی ٥ و ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان و مەفرەزەکەی بەشی کۆمەڵایەتی و مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و مەفرەزەیەکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق پێکەوە بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە. پاش شەڕێکی سەخت، لە دوو قۆڵەوە دەستیان بە هێرشی چەواشە کردو هێزەکانی دوژمنیان ڕاونا.

هێزەکانی عیراق ٨ سەربازیان لێ کوژراو سەربازێك و ئەفسەرێکیشیان بە پلەی نەقیب لێ بە دیل گیرا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٩ پارچە چەك و پیکابێك و دەزگایەکی هۆکی تۆکی دا گرت.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ دوو فڕۆکەی پیلاتۆز بە شێوەیەکی کوێرانە کەوتنە بۆردومان کردنی ناوچەکە. بۆردومانەکە هیچ زیانێکی گیانیی لێ نەکەوتەوە.

## چەرمەگا (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی بارەگای فەوجی ١٠٤ی چەرمەگا لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن تیپەکانی سەر بە مەڵبەندی یەك. ڕۆژێك پێش ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە، کۆبونەوەیەك بۆ بڕیاردان لەسەر نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکە، لەگوندی تەڕەماری ناوەڕاست بە سەرپەرشتیی قادر حاجی عەلیی لێپرسراوی مەڵبەندی یەك و بەشداربونی جەعفەر شێخ مستەفای لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندو ئاوات قارەمانیی ئەندامی بەشی عەسکەری‌و قەیسەر ئەحمەدی فەرماندەی تیپی ٥٩ی حەمرین و ڕۆستەمی حاجی برایمی چەرمەگای فەرماندەی تیپی ٢٧ی تۆکمەو چەند کادیرێکی عەسکەری، بەسترا.

لە کاتی دیاریکراودا هێزی پێشمەرگە لە هەردوو گوندی قازان و تەڕەمارەوە ڕوی کردە چەرمەگا. مەفرەزەیەك بۆ بڕینی کارەبای چەرمەگا تەرخان کرابوو. ئەو مەفرەزەیە لە نزیك گوندی سوسێ کارەبای بڕی‌و لەگەڵ بڕینی کارەبادا هێزی

پێشمەرگە هێرشی کردە سەر ئامانجە دیاریکراوەکان. لە ماوەی ٤ سەعات و نیودا دەست بەسەر بارەگای فەوجەکەو هەموو ڕەبیەکاندا گیراو تەواوی گوندەکە لە جاش پاك کرایەوە.

ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە تۆڵەکردنەوە بوو لە جاشەکانی فەوجەکە کە لەتەموزی رابردودا یانزە پێشمەرگەیان شەهید کردبوو. لەم ئۆپەراسیۆنەدا ١٥٠ سەربازو جاش کوژران. لە ناو کوژراوەکانی سوپای عیراق، ئەفسەرێك بە ناوی ئەلیاس خدر شێخۆ هەبوو. هەروەها ٥٨ سەربازو جاشیش بە دیل گیران. جگە لە سوتاندنی بارەگای فەوجەکەو ڕەبیەکان، نزیکەی ٢٠ کامیونیش سوتێنران. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە ٢٥٥ پارچە چەكو پێنج دەزگای بێسیم و ٦ کامیۆن و کۆمەڵێك تەقەمەنی بوو.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا هێزی پێشمەرگە ٨ شەهیدی هەبوو کەئەمانەن: محەمەد ئەحمەد موراد ناسراو بە مام هێرش جێگری فەرماندەی تیپی ١٧ی زمناکۆ، ئەحمەد وەهاب ناسراو بە بەرزان، جێگری فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٥٧ی سەگرمە، لەتیف مەجید کاکل ناسراو بە لەتیف بنەیی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٥٩ی حەمرین، لوقمان ئەمین پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان، دڵشاد محەمەد رەشید پێشمەرگەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ، عوسمان تۆفیق ناسراو بەعوسمان جافەرانی پێشمەرگەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ، جەلیل عەبدوڵلا ناسراو بە جەلیل گوڵباخی پێشمەرگەی تیپی ٥٩ی حەمرین و قادر حەمید ناسراو بەمامە قالە گوڵباخی پێشمەرگەی تیپی ٥٩ی حەمرین.

هێزە بەشداربووەکانی ئۆپەراسیۆنەکە بریتین لە تیپەکانی ١٥ی شارەزور، ١٧ی زمناکۆ، ٥١ی گەرمیان، ٥٥ی قەرەداغ، ٥٧ی سەگرمە، ٥٩ی حەمرینو تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەك، کەرتی یەکی تیپی ٢٣ی سورداشو مەفرەزەیەکی تیپی ٢٧ی تۆکمە.

## چەکوچ (تیپ)

تیپی ٤٤ی چەکوچ. تیپێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان دامەزراوە. سنوری چالاکیی تیپەکە، پێشتر بەشێکی هەرێمی ٦ی پشدەر بووە. لە ساڵی ١٩٧٩دا یەکەیەکی تازە بە فەرماندەیی سەدرەددین شێخ حسێنی بۆسکێن بە ناوی قوەتی پشدەر لە سنوری هەرێمەکە پێکهێنرا کە سنورو دەسەڵاتی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەمەش سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی ٦ی پشدەر بوو.

لە ساڵی ١٩٨٢دا کاتێك هەرێمەکان و قوەتەکان هەڵوەشێنرانەوە، چەند تیپێك لە سنوری هەرێمی ٦ی پشدەر پێك هێنراو لەم سەروبەندەدا لە سنوری قوەتی پشدەر تیپێك بە ناوی تیپی ٤٤ی چەکوچ پێکهێنرا. سەدرەددین شێخ حسێنی بۆسکێن کە پێشتر فەرماندەی قوەتی پشدەر بوو، کرایە فەرماندەی تیپە تازەکەو ئیسماعیل مەعروف ڕەئوفیش کە پێشتر جێگری فەرماندەی قوەتەکە بوو، کرایە جێگری فەرماندەی تیپەکە. کادیرێکی ڕێکخستنیش کە ئازاد عوسمان حەسەن بوو، کرایە رابەری سیاسیی تیپەکە.

ئەو تیپانەی لە سنوری هەرێمی ٦ی پشدەر دروست کران، سنورێکی دەستنیشانکراویان نەبوو چونکە بە هۆی ڕاگواستنی گوندەکان و تێکەڵبونی خێڵەکانەوە، زەحمەت بوو بۆ هەر یەکێ لە تیپە تازە پێکهێنراوەکان سنورێکی ڕون دیاری بکرێ. ئەمەش وای کرد چەند تیپێك لەو ناوچەیە سنوری هاوبەشیان هەبێ. بەڵام سنوری نافەرمیی تیپەکە لە لایەك لە چیای ئاسۆسەوە دەستی پێ دەکردو لە سنوری بیتوێن کۆتایی دەهات و لە لایەکی ترەوە لە گوندی گەناوەوە دەستی پێ دەکردو لە گوندی بۆسکێن کۆتایی دەهات.

بارەگای تیپەکە لە گوندی گەرمکان بوو لە

بناری چیای ئاسۆس لە ناحیەی بنگرد. ژمارەی پێشمەرگەکانی زۆر نەبوو. لە کاتی دامەزراندنی مەڵبەندەکاندا لە تشرینی دووەمی ١٩٨٢، ئەم تیپە یەکێ لەو تیپانە بوو کە نەخرانە سەر مەڵبەندەکان، بەڵکو راستەوخۆ بە مەکتەبی عەسکەرییەوە بەسترانەوە.

تیپەکە سەرەڕای کەمیی ژمارەی پێشمەرگەکانی، بەشداریی لە چەند شەڕێکی گەورەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧. هەروەها لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٨ی دۆڵی جافەتیدا رۆڵێکی دیاری گێڕا، بەتایبەتی لە بەرەی چیای ئاسۆس کە تێیدا تیپەکە، شان بە شانی تیپەکانی ٦٣ی جوتیاران و ١٢ی سۆران، هێرشێکی گەورەی جاشەکانی تێکشکاند.

## چەمچەماڵ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

ئۆپەراسیۆنێکە کەرتی ٢ی شوانی سەر بە تیپی ٢١ی کەرکوك بۆ وێرانکردنی کارگەی قیری چەمچەماڵو گرتنی رەبیەکانی پاراستنی کارگەکە ئەنجامی داوە. بۆچونی داڕێژەرانی نەخشەکە ئەوە بوو کەگرتنی رەبیەکانو کارگەکە ئاسانە بەڵام پاشەکشەکردن لەشوێنی چالاکییەکە دژوارە، بەتایبەتی کە نێوانی کارگەکەو بارەگای لیوای ناوچەکە تەنها یەك کیلۆمەتر بووە. پاش تاوتوێ کردنی هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە، بڕیار درا چالاکییەکە لە ٥ی نیسانی ١٩٨٦دا ئەنجام بدرێ.

بەپێی نەخشەکە، هێزی ئەنجامدەری چالاکییەکە بەسەر ٤ گروپدا دابەش کرا: گروپێك بەسەرپەرشتیی سابیر رەوەند بۆ هێرش کردنە سەر رەبیەی پاراستنی کارگەکە، گروپێك لە ٣٥ پێشمەرگەی چەکدار بە ئار بی جیو بی کەی سی بۆ دانانی بۆسە لە نێوان کارگەکەو بارەگەی لیواکە، گروپێك بە سەرپەرشتیی جەلیل سادق خورشید و سابیر خلەگەڕی بۆ کۆنترۆڵ کردنی کارگەکە، گروپێك بە سەرپەرشتیی تاریق عەلی بۆ دەست گرتن بەسەر ئوتومبیلەکانی ناو کارگەکەدا.

هێزی پێشمەرگە لە ماوەی ١٠ خولەکدا دەستی بەسەر رەبیەکانو کارگەکەدا گرت و هەموی تەفروتونا کراو زیانی تێکشکانی ٢ کامیونو سوتانی زیاتر لە٥٠ گەڵابەو ٥ شۆفڵ لە دوژمن کەوت.

لەم چالاکییەدا کەهێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبووە، سەباح شەوکەت قادر ناسراو بە مەلا ئاراس سەرپەرشتیی هێزەکانی کردووەو سەرباز حسێن فەرماندەی کەرتی ٢ی شوان بە شێوەیەکی مەیدانی سەرپەرشتیی چالاکییەکەی کردووە.

ناوی بەشێك لە پێشمەرگە بەشداربووەکانی چالاکییەکە: شۆڕش قەرەهەنجیری، فەیسەڵ بیرەسپانی، سەردار حاجی رەزا، وریا رۆژبەیانی، سەرباز کاکەڕەش، خالید حەمە عەلی، عومەر رەسول، یابەی کوێخا عارف، رۆستەم قەفاری، تاریق گوگجەیی، عەبدولڕەحمان سادق سلێمان، ئیبراهیم فازڵ ناسراو بەئیبۆ، نەهرۆ حەساری، محەمەد سەعید گورگانی، دلێر حەسەن، جەماله سور.

دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە لەم چالاکییەدا ٣ پارچە چەك بوو بەڵام نەتوانرا هیچ ئوتومبیلێکی کارگەکە دەرباز بکرێ، بۆیە هەر هەموی گڕی تێ بەر درا.

## چەمی تولکی (شەڕ)

شەڕێکی دوای قۆناغی ئەنفالەکانە، لەچەمی تولکی لە ناوچەی شێخ بزێنیی خواروو لە نێوان

مەفرەزەیەکی پارتیزان بە فەرماندەیی سیروان کوێخا نەجمو هێزەکانی عیراق.

لە١٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨دا هێزێکی سەربازو جاش کەئەرکی کێومالٌ کردنی ناوچەی قەدەغەکراوی پێ سپێردرابوو، گەمارۆی مەفرەزەیەکی پارتیزانی دا لە چەمی تولٌکی. ئەو شوێنەی پێشمەرگەکانی لێ گەمارۆ درا، شێوەی دورگەی هەیە چونکە گردێکە لە ناوەڕاستی زێی بچوك لەبەردەم گوندی تولٌکی. جگە لەپێشمەرگە، دورگەکە چەند کەسوکارێکی پێشمەرگەی لێ بوو کە بۆ سەردان هاتبون. لەو روانگەیەوە کە عیراق ناوچەکەی بە ناوچەی قەدەغەکراو دانابوو، هەرچی لەوێ دەبینرا، تەقەی لێ دەکراو جیاوازی لە نێوان چەکدارو سیڤیل نەدەکرا. ژمارەی گەمارۆدراوەکان ٣٥ کەس بوو، یانزەیان پێشمەرگە بون و ٢٤یش هاووڵاتیی سیڤیل بون، لەوانە ٣ ژنی تێدا بوو.

پێشمەرگەکان خۆیان بۆ بەرگری ئامادە کردو کەوتنە چاڵ هەڵکەندن و هەموو چاڵەکانیشیان بەدارو گەڵا داپۆشیو خۆیان تێدا شاردەوەو هەر کە هێزەکانی دوژمن لێیان نزیك بونەوە، لێیان هاتنە دەستو تەقەیان لێ کردن. شەڕ سەعات ٩,٣٠ دەستی پێ کرد. تا سەعات ١٩,٣٠ هێزەکانی دوژمن هەشت هێرشیان کرد بەبێ ئەوەی بتوانن دەست بەسەر دورگەکەدا بگرن. دوژمن هەر بە هێرش کردن دانەکەوت، بەڵکو پێش هەر هێرشێك هەلیکۆپتەری جەنگی دورگەکەی بە شەستیر بۆردومان دەکرد یان دورگەکە دەدرایە بەر هاوەن.

کە تاریك داهات، هێرشەکان راگیران بەڵام هێزەکان نەکشانەوەو وایان دانابوو کەبەیانییەکەی هێرشەکانیان دەست پێ بکەنەوە بۆ لە ناوبردنی گەمارۆدراوەکان. لەتاریکیداو بەسود وەرگرتن لەشارەزایی پێشمەرگە، گەمارۆدراوەکان بەناو زەلکاوێکی قامیشەڵاندا رێگایەکی دەربازبونیان لە نێوان تولٌکیو قەرە سالم بڕی.

لەم شەڕەدا دوژمن ئەفسەرێك و ١٤ سەربازو یەك جاشی لێ کوژرا. هێزی پێشمەرگەش دوو شەهیدی بە ناوی نەجات عەبدوڵڵا کۆچەکیو مشعان بۆڵی باریجەیی، لە هاووڵاتییانی سیڤیلیش دوو شەهید هەبوو، یەکێکیان ژنە، سەرباری پێنج بریندار ی پێشمەرگەو سیڤیل.

ناوی پێشمەرگەکانی بەشدار لەم شەڕە (بە دوو شەهیدەکەوە): سیروان کوێخا نەجم، رەنجە عومەر سدیق، جوتیار، نەجات عەبدوڵڵا کوچەکی، عومەر چاوشین کوچەکی، جەمال حسێن میرزا، ئەحمەد عومەر جەوەجەوە، محەمەد تیژەیی، تالیب فاروق، مشعان بۆڵی باریجەیی، ئەکرەم عەزیز مەلا ئاواری.

چەمی تولٌکی یان دورگەی تولٌکی: کەوتۆتە سەر زێی بچوك لەبەردەم گوندی تولٌکی لە ناوچەی شێخ بزەینیی خواروو، لە نێوان تەقتەقو ئاڵتون کۆپری. گردێکە شێوەی دورگەی هەیەو هەر چوار دەوری ئاوە، زۆربەی زۆری دارستانە بەڵام ناوەڕاستەکەی بێ دار و درەختەو زۆرتری لمە.

## چەمی رێزان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە ناوچەی چەمی رێزان لە ساڵی ١٩٨٨. هێزەکانی عیراق لە٦ی تەموزی ١٩٨٨دا لەسێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر گوندەکانی چەمی رێزان و کەڵەشێرە و سورقاوشان بەڵام ئامانجی سەرەکیی هێرشەکە قۆڵی کەڵەشێرە- کانی شێخ بوو کەپێشمەرگەکانی کەرتی شەهید کاوەی سەر بە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان خۆیان تێدا قایم کردبوو.

لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕەکەدا، تیپی ٢٣ی

سـورداش و مـەفـرەزەیـەکـی مەکتەبی عەسکەری گەیشتنە شوێنی شەڕەکەو گوشاری زۆرتریان خستە سەر هێزەکانی عیراق.

شەڕ لە سەعات ١٥وە تا سەعات ٢٠ بـەردەوام بوو. هێزەکانی عیراق لە نێوان ٤٠ تا ٥٠ کوژراوو ژمارەیەکی زۆر برینداریان لێ کەوت و ٧ سەربازیشیان لێ بەدیل گیرا.

دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە ١١ کلاشنکۆف و برێك تەقەمەنی بوو. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو.

## چەمی لاهێز (شەڕ)

شـەڕێـکە لـە نـێـوان هێزەکانی عـیـراق و دەستە پارتیزانەکانی گەرمیان لە چەمی لاهێزی ناوچەی گەرمیان، لە نێوان گوندەکانی فەقێ مستەفاو کەلۆز لوقمان و هەردوو گوندی قولیجان لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨.

دەستەیەکی پارتیزانەکان بە فەرماندەیی هەر یەك لە محەمەد غەریب عەبدوڵڵا نـاسراو بە ئـازادی سەگرمە، محەمەد کەریم عیسا ناسراو بە حەمە رەش کەسنەزانی و حەسەن حەمید ناسراو بە مام رۆستەم بنکەیەکی لە چەمی لاهێز دانابوو. سەر لەبەیانیی ١١ی تشرینی یەکەم پێشمەرگەکانی دەستە پارتیزانەکە بارگەو بنەیان پێچایەوە، لە چەند وڵاخێك باریان کردو بە ئاراستەی ئاوە سپی رۆیشتن. کاروانەکە هێشتا لە شوێنەکە دور نەکەوتبۆوە، کاتێك لە ناکاو چەند هەلیکۆپتەرێك لە ئاسمانی ناوچەکە پەیدا بوون و دوای ئەوەی کە چەند جارێك بەسەر ناوچەکەدا سوڕانەوە، کەوتنە تەقەکردن لە کاروانی دەستەی پارتیزانەکە.

شەڕێکی سەخت و نابەرانبەر دامەزرا، تێیدا سێ پێشمەرگە بە ناوی شێرکۆ حسێن عەبدوڵڵا، شێرزاد عەریف رەمەزان و هەڵکەوت ئەحمەد ئەمین شەهید بون، چوار پێشمەرگەش بریندار بون لەوانە محەمەد غەریب عەبدوڵڵا برینەکەی سەخت بوو و قاچێکی شکا بوو. هەلیکۆپتەرەکان کتوپڕ بۆ ماوەیەك ئاسمانی ناوچەکەیان بەجێ هێشت و بە ئاراستەی سەنگاوو چەمچەماڵ گـەڕانـەوە. لەو کاتەدا نەزانرا بۆچی هەلیکۆپتەرەکان کتوپڕو بە پەلەپروزێ مەیدانی شەڕیان بەجێ هێشتووە و گەڕاونەتەوە بۆ بنکەکانیان. بەڵام لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، لەو دیکۆمێنتە فەرمییانەی کە دەستیان بەسەردا گیرا، دەرکەوت کە فەرماندەی هێزی پاراستنی کەرکوك عەمیدی روکن ئیسماعیل عەبدولقادر جبوری لە شەڕەکەدا بە سەختی بریندار بووەو پاشان گیانی لەدەستداوە.

لەو ماوەیەدا پێشمەرگە پارتیزانەکان لە شوێنی شەڕەکە دور کەوتنەوەو بریندارەکانیان لەگەڵ خۆیان برد. زۆری نەخایاند هەشت هەلیکۆپتەر پەیدا بوون، دووانیان شەڕکەر بوون و شەشیان هێزی کۆماندۆو جاشیان دابەزاند. بەڵام لەو کاتەدا دەستە پارتیزانەکە لە شوێنی شەڕەکە نەما بوو، بۆیە هێزە دابەزیوەکە هەر ئەوەندەی پێ کرا کە تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکان لەگەڵ خۆیدا بباتەوەو دەست بەسەر باری وڵاخەکاندا بگرێ.

پێشمەرگە بریندارەکان بۆ چارەسەر برانە بنکەکەی داری خلە لە نزیك دێی حەمەی عەبدولکەریمە سورەی سەر بە ناحیەی باوەنور. لەوێ بریندارەکان بە شێوەیەکی سەرەتایی تیمار کران، بـەڵام لە ناو بریندارەکاندا محەمەد غەریب عەبدوڵڵا پێویستی بە مشورخواردنی زۆرتر بوو. پاش چەند رۆژێك و دوای پەیوەندی کردن بە رێکخراوی سلێمانییەوە، ئەندامێکی رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمـەڵـەی رەنـجـدەرانـی کوردستان کە فەرمانبەری تەندروستی بوو، گەیشتە

بنکەی داری خلە و دەستی بە تیمارکردنی برینە سەختەکانی کرد. پاش کەمتر لە مانگێك و بەپێی پلانێکی تۆکمە، محەمەد غەریب عەبدوڵڵا گەیەنرایە شوێنێکی دیاریکراو لە نزیك روباری سیروان لە نێوان دەربەندیخان و باوەنورو لەوێوە لە رێی رێکخستنە نهێنییەکانەوە گەیەنرایە شاری سلێمانی و لەوێوە، وەك بریندارێکی شەڕی عیراق- ئێران، کاری پێویستی بۆ کرا، گەیەنرایە بەغداو چارەسەر کرا.

## چەوساوەکان (تیپی هونەری)

تیپێکی هونەرییە لە ساڵانی ١٩٨٤و ١٩٨٥ لە ناوچەکانی بناری چیای کۆسرەت و دەشتی کۆیەو خۆشناوەتی چالاکییەکانی خۆی نمایش کردووەو ئەندامەکانی لەو پێشمەرگانە بون کە ئارەزوی گۆرانی وتنیان هەبووە. تیپەکە زۆرتر گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کوردەواریی پێشکەش کردوەو چەند ئامرازێکی مۆسیقای وەك شمشاڵو دومبك و دەفی بەکار هێناوە.

## چەوساوەکانی چیمەنی شەهیدان (تیپی شانۆ)

تیپێکی شانۆیە ساڵی ١٩٨٤ لە لایەن کۆمەڵێك رۆشنبیرو خوێندکارو لاوانو پێشمەرگەوە لەگوندی چیمەن دامەزرێنراوە و چەند بەرهەمێکی لە چیمەن و گوندەکانی دەوروبەری پێشکەش کردووە.

یەکەم بەرهەمی تیپەکە لە ٢١ی ئازاری ساڵی ١٩٨٤ لە یادی جەژنی نەورۆزدا پێشکەش کراوە کەدەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. هەموو دەقە پێشکەشکراوەکانی ئەم تیپە غازی محەمەد رەشید نوسیویەتیو محەمەد نامیق ناسراو بە هیوا دەری هێناون، ئەکتەرەکانیش جگە لەغازی محەمەد رەشید ئەمانەن: نەجات محەمەد رەشید، مەلا فایز، غێدان مستەفا، شەریف لەتیف، کەمال رەشید خورشید ناسراو بەدکتۆر شەیدا، محەمەد عومەرو زاهیر حەیدەر، وەهاب محەمەد، کەریم ئیبراهیم و عومەر عەزیز، لەوانە دوو ئەکتەر بە ناوی غێدان مستەفاو شەریف لەتیف لە پێشهاتەکانی دواتردا شەهید بون.

ئەم تیپە زۆرتر وەك تیپێکی لۆکاڵ کاری کردووەو لە بەرهەمەکانیدا زۆرتر گوزارشتی لە حەزو ئاوات و گیروگرفتەکانی جوتیاران و هەژاران و کەمدەرامەتەکان کردووەو تێڕوانینێکی نیشتمانپەروەری و هۆشیارییەکی چینایەتیی سادەی دەربڕیوە.

## چیا قادر کەریم



پێشمەرگەی دێرین و کادیری راگەیاندن. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی شێخ لەنگەر لەقەزای کفری. دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکیی کەرکوك. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. تا ساڵی ١٩٨٨ لە رێکخراوی ٤ی کۆمەڵە لە سنوری مەڵبەندی یەك پێشمەرگایەتیی کرد. پاشان لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە شاری سەقز گیرسایەوەو لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٠ بوو بە بێژەر لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و تا ساڵی ١٩٩٤ لەوێ کاری کرد.

ساڵی ١٩٩٥ چوو بۆ سویدو پاشان لە ئەڵمانیا گیرسایەوەو تا ساڵی ٢٠٠٤ لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەدا هەم لە ڕێکخستنەکانی دەرەوە کاری کرد هەم پەیامنێری کەناڵی ئاسمانیی کوردسات بوو. ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە بەشی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی دامەزرا.

ساڵی ٢٠١٠ بوو بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و لێپرسراوی ئاسایشی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی.

## چێنەر عەلی جۆلا



کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٥ی شاری سلێمانی. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٩٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای لە کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٩٨ وەك کادیرو ئەندامی بەشی یاساو لێکۆڵینەوە لە مەکتەبی مافی مرۆڤ کاری کردووە. هەروەها لەگۆڤاری «پەیامی مرۆڤایەتی» کاری کردووە کەمەکتەبی مافی مرۆڤ دەری کردووەو لە ژمارە ٧ تا ١٦ بەڕێوەبەری نوسین بووە تێیدا.

ساڵی ١٩٩٩ بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان و لەم سەروبەندەدا بووە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی ڕێکخراوەکە. هەر ئەو ساڵە لە شاندی دانوستانکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ گەڵاڵەکردنی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ڕۆڵی بڕیاردەری شاندەکەی گێڕاوەو لە ساڵی ٢٠٠٧دا کراوەتە ئەندام لەو لیژنەیەی کەمەکتەبی سیاسی بۆ پێداچونەوەی پڕۆژەی دەستوری پێك هێنابوو. لە ساڵانی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥دا لە کەناڵی ئاسمانیی کوردسات بەرنامەی «بەرەو دەستور» ی ئامادەو پێشکەش کرد.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە کاتی بەڕێوەچونی یەکەم کەیسی ئەنفالی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقدا، وەك پارێزەرێکی خۆبەخش لەگەڵ گروپی پارێزەراندا کاری کرد.

ساڵی ٢٠١٠ بەشداریی لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو لە کاتی بەڕێوەچونی کۆنگرەدا وەك ئەندامی کۆمیسیۆنی پەیڕەوی ناوخۆ کاری کرد. پاش کۆنگرە بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند دانرا. لە ساڵی ٢٠١١دا لە ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەنددا هات، بە جێگری دووەمی سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. لە ساڵی ٢٠١٢ دا بە ڕاوێژکاری یاسایی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرا.

لە٢٠ی ئایاری ٢٠١٥دا لەگەڵ هەر یەك لەگۆران ئازاد محەمەدو خامۆش عومەر عەبدوڵڵاو ئەرکان قادر وەلی لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بۆ ڕاپرسی هەڵبژێردرا.

## حاجی ئەحمەد عەبدوڵڵا*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو فەرماندەی کەرت لە تیپی ٧٤ی باڵەك. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی ناحیەی گەڵاڵە لە باکوری پارێزگای هەولێر. ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتیی دەچێتەوە سەر خێزانێکی هەژار کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەوە هەبوە کە لە منداڵیدا نەخرێتە بەر خوێندن. بەڵام هەست کردنی بە پێویستیی فێربونی خوێندن و نوسین، هانی دا لە کاتی بەرێوەچونی هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لە عیراق، ناوی خۆی تۆمار بکاو بەشدار بێ لە پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا. لەم سۆنگەیەوە فێری خوێندن و نوسین بوو و دەرفەتێکی لەباری بۆ چونە ناو جیهانی زانین و زانست بۆ خۆی پێکهێنا، تا ئەو رادەیەی کە کاتێك بوو بە پێشمەرگە، خۆی فێری ئەوە کرد کە بە پیتی لاتینی بنوسێ و بخوێنێ.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەچێتەوە سەر ساڵی ١٩٧٦. هەر لەو ساڵەشدا بووە پێشمەرگە لە یەکێ لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. ساڵی پاشتر کرا بە فەرماندەی مەفرەزەو پاش پێکهێنانی هەرێمەکان، کرایە جێگری فەرماندەی کەرت لە هەرێمی ٧ی باڵەك. لە ساڵی ١٩٧٩دا بووە فەرماندەی کەرت لە هەرێمەکە.

پاش هەڵوەشانەوەی سیستمی هەرێمەکان لە ساڵی ١٩٨٢و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، بووە فەرماندەی کەرتی ٥ی گەڵاڵە لە تیپی ٧٤ی باڵەك. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا کە حەوت ساڵی خایاندووە، بەشداریی لە زۆربەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لە سنوری ناوچەکانی باکوری پارێزگای هەولێر.

بنەماڵەکەی لە سۆنگەی پێشمەرگەبونییەوە، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی عیراقەوە تەنگی پێ هەڵچنرا. لە ساڵی ١٩٧٧داو لە چوارچێوەی ئەو فشارەی کە حکومەتی عیراق دژی کەسوکاری پێشمەرگە بەکاری دەهێنا، باوك و دایك و خوشکی بۆ باشوری عیراق دور خرانەوەو ناچار کران ماوەی چوار مانگ لە شاری عیمارە بەسەر بەرن. لە هەندێ قۆناغدا، خۆی و سێ برای، حەسەن کوێستانی و حەمە رەش و خولە، پێکەوە پێشمەرگە بون. لە ساڵی ١٩٨١دا حکومەتی عیراق فشاری زۆرتری خستە سەر خێزانەکەی و بۆ جاری دووەم باوك و دایك و خوشکی بۆ ماوەی نۆ مانگ و نیو بۆ دورترین شوێنی باشوری عیراق، لەسەر سنوری نێودەوڵەتیی عیراق- سعودیە، دور خستەوە.

لە ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٣ی قەندیلدا رۆڵێکی کارای لە تێکشکاندنی هێرشە بەربڵاوەکەی بەرەی

جوددا هەبوو و هەر لەو ئۆپەراسیۆنەشدا، لە ١٧ی ئابی ١٩٨٣دا شەهید بوو. لەو بەیاننامەیەی کە لە ٣ی ئەیلولدا بە بۆنەی ئۆپەراسیۆنی قەندیلەوە دەرچووەو تاڵەبانی خۆی نوسیویەتی، هاتووە کە هەر چوارده شەهیدەکەی ئەو ئۆپەراسیۆنە «بە خوێنی گەشی خۆیان» پیلانەکانی دوژمنانیان پوچەڵ کردۆتەوەو «چیای سەرکەشی قەندیلیان لە قەل و داڵە کەرخۆرەکان پاك کردەوە» و بە دیاریکراوی، لە پەرەگرافێکی تایبەتی بەیاننامەکەدا لە بارەی حاجییەوە وتراوە کە «رۆڵەیەکی ئازاو پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو. لە چەندین نەبەردی گەورەدا بەشداریی کردووەو بە دەستی خۆی چەندین پارچە چەکی گرتووە»، هەروەك لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە پێشتر برایەکی بە ناوی حەمە رەشەوە لە چیای کاروخ شەهید بووە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*قەندیل (ئۆپەراسیۆن).

## حاجی جەرجیس (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکیی پێشمەرگەکانی کەرتی ١ و کەرتی ٢ی شوانی تیپی ٢١ی کەرکوك لە ٣١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ لەسەر رێگای نێوان تەقتەق و شوان.

بەپێی نەخشەکە، بۆسە لەسەر رێگاکە دانراو رۆژێکی تەمومژاویو هەوری بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە هەڵبژێردرا بۆ کەم کردنەوەی کاریگەریی بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر لە دژی پێشمەرگە. بۆسەکە لە نزیك گوندی حاجی جەرجیس دانراو هێزێکی تر لە نێوان هەردوو گوندی سورکەل و جانقز بۆسەیەکی تری دانا بۆ لێدانی هەر هێزێکی سەربازگەی سەقزلی کە بیەوێ بە هانای هێزە لێدراوەکەوە بچێ.

سەعات ١٦,٢٠ سێ ئیڤای پڕ کۆماندۆو دوو ئۆتومبیلی هینۆی پڕ چەکداری جەیش شەعبی کەوتنە بۆسەکەوەو درانە بەر گولله. بۆسەکە کوژرانی زیاتر لە٣٠ سەربازو بەدیل گرتنی ١٩ سەربازو چەکداری جەیش شەعبیو تێکشکانی ٣ ئیڤاو دوو هینۆی لێ کەوتەوە، سەرباری ئەوەی کەهێزی پێشمەرگە ٢٦ پارچە چەکی چنگ کەوت. لە هەمان کاتدا هێزێکی تری سەربازو جاش کە دەیویست فریای هێزە لێدراوەکە بکەوێ، کەوتە بۆسەکەی نێوان سورکەل و جانقز و لەوێش دوژمن چەند کوژراوو برینداریێکی لێ کەوت و زرێپۆشێکی تێك شکێنرا.

لە دابەش کردنی کارەکانی چالاکییەدا قۆڵی بۆسەکەی حاجی جەرجیس، سەرباز حسێن فەرماندەی کەرتی ٢ی شوانی سەر بە تیپی ٢١ی کەرکوك هەڵی سوڕاندووەو قۆڵی بۆسەکەی نێوان سورکەل و جانقز، مام برایمە سور فەرماندەی کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوك بەڕێوەی بردووە. هێزی پێشمەرگە یەك شەهیدی بە ناوی سامان رەجەب گۆگجەیی هەبوو.

ناوی بەشێك لەو پێشمەرگانەی لەم چالاکییەدا بەشدار بون: محەمەد رەفیق ناسراو بە نەهرۆ حەساری، سەرتیپ حەساری، ئازاد گورگەیی، ئازاد چەڵتوکەیی، فەرحان عەلی، تاریق عەلی ناسراو بە باپیرە، خالید حەمە عەلی، عومەر رەسول، وریا کەریم رۆژبەیانی، خالید عارف حەسەن ناسراو بە ڕاپەر، عەبدولڕەحمان سادق سلێمان، شاخەوان سەعید، ناسیح وادی بەکر، بەختیار کەرکوکی، یابە عارف، سەردار رەزا، برایم فازل ناسراو بە ئیبا، تاریق گوگجەیی، ئازاد دەلۆیی، هەڵگورد کەڵهوڕی، هەڵکەوت عەبدوڵڵا، فەیسەل حسێن، عەونی محێدین، سەباح رەسول، مەردان ئیسکانی، عەزیز عادل عەرەب و رۆستەم حەمە بۆر.

## حاجی قەڵا (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لەگوندی حاجی قەڵا لە ناوچەی کۆیە لە١٣ی ئایاری ١٩٧٧. سەعات ١٥ چەند هەلیکۆپتەرێك بە ئاسمانی گوندەکەدا دەرکەوتن و کەوتنە بۆردومان کردنی گوندەکە. پێشمەرگەکانی ناو گوندەکە تەقەیان لە هەلیکۆپتەرەکان کردو شەڕێکی سەخت دامەزرا. لەم سەروبەندەشدا وردە وردە هێزی سوپا بە هەلیکۆپتەری بارهەڵگر لەسەربازگەکانی کۆیەو چوارقوڕنەوە دەگەیشتە شوێنی شەڕەکەو هێرشی دەکردە سەر هێزی پێشمەرگە.

سەرەڕای زیادبونی گوشار لە سەر هێزی پێشمەرگەو داشکاندنی تەرازوی هێز بەلای هێزەکانی دوژمندا، هێزی پێشمەرگە بەرگریی کردو توانی کشانەوەیەکی تاکتیکیی سەرکەوتوو ئەنجام بدات بەڵام سێ پێشمەرگەی لێ شەهید بوو بە ناوی جەمیل مستەفا نادر کادیری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و خەڵکی گوندی کانی رەشی شیوەسور، فازل فەقێ مستەفا خەڵکی گوندی دۆندارو کاکەمەند رەشید خەڵکی گوندی گەرمکی مەلا زیاد. پێشمەرگەیەکیش بە ناوی سەدرەددین ئیسماعیل بەبرینداری بە دیل گیراو سەرەڕای هەڕەشەو گوشار رازی نەبوو ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا بکا لەگوندەکە لە ڕێکخستنەکاندا کاریان کردوە یان یارمەتیی هێزی پێشمەرگەیان داوە. دواتر، ئەم پێشمەرگەیە لە موسل لەسێدارە درا.

لە هێزەکانی عیراق ئەفسەرێك و ١١ سەرباز کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بون.

ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی گوندەکە دەستگیر کران، وەك دیل هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کراو بۆ ماوەی دوو هەفتە لە سەربازگەی چوارقوڕنە گل درانەوەو پاشان سێ کەسی لێ دەرچێ ئەوانی تر ئازاد کران. ئەو سێ کەسە برانە کەرکوك و لە دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بۆ ماوەی پێنج مانگ لە ژێر ئەشکەنجەدا بون و دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ دا بەر لێبوردنی گشتی کەوتن و ئازاد کران. ئەو سێ کەسە ئەمانەن: عەبدولخالق عەلی، تالیب حەمەشین و عەزیز نەجیم.

حاجی قەڵا: گوندێکە لە دامێنی زنجیرە چیای هەیبەت سوڵتان بەدوریی ١٥ کیلۆمەتر لە باکوری رۆژهەڵاتی شاری کۆیە.

## حاجی مەسیفی



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی جەمال نادر حەمەد سەلیم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ ی شارۆچکەی سەلاحەددین لە پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شارۆچکەی سەلاحەددین تەواو کردووەو پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

لە تافی منداڵییەوە خولیای هونەر بووە، بەتایبەتی هونەری نواندن. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٧٨ دا، لە ئەزمونێکی سەرکەوتووانەدا، بووە ئەندام لە تیپی نواندنی پیرمام و رۆڵێکی کارای لە چالاکییەکانی تیپەکەدا هەبوو.

ساڵی ١٩٨١ لە هەولێر پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە. ساڵی ١٩٨٢ بووەتە پێشمەرگەو لە زەڵێ لە ناوچەی سەرکردایەتی. لەم سەروبەندەدا پەیوەندیی بە

تیپی شانۆی شۆڕشەوە کردوە. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە شانۆگەریی «فایلی ٦٧» کە یەکێکە لە چوار بەرهەمە شانۆییەکەی تیپەکە.

هەر ئەو ساڵە گویزرایەوە بۆ تیپی ٨٣ ی هەورێ. ساڵی دواتر گویزرایەوە بۆ تیپی ٩١ ی سەفین و لەوێ کرایە رابەری سیاسیی تیپ. ساڵی ١٩٨٤ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٨٥ ی بەڕانەتی. لەوێ هەم ئەرکەکانی خۆی وەك رابەری سیاسیی کەرتی ٤ هەڵسوڕاند هەم وەك بەرپرسی رێکخستنەکانی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٥ کرایە لێپرسراوی رێکخستنەکانی هەردوو کەرتی ٣ و ٤ی تیپەکە، سەرباری ئەوەی کە تا ساڵی ١٩٨٨ سەرپەرشتیاری رێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە شارۆچکەی سەلاحەددین و گوندەکانی دەوروبەری و رێکخستنەکانی ناوچەی شەمامك.

ساڵی ١٩٨٧ بووە فەرماندەی کەرتی ٤ ی تیپی ٨٥ ی بەڕانەتی و ساڵی ١٩٨٨ کرایە رابەری سیاسیی تیپەکە.

ساڵی ١٩٨٩ پاش رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو پیادەکردنی سیستمی بەتالیۆنەکان، کرایە رابەری سیاسیی تیپی ٩١ی سەفین. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ دا نێردرایە بادینان و ئەرکی رێکخستنەوەی پێشمەرگە پەراگەندەو دابڕاوەکانی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩١ لە رەوتی زەمینەسازیدا بۆ راپەڕین، بەشدارییەکی کاریگەری لە رێکخستنەوەی ئەو پێشمەرگانەدا کرد کە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال گەڕابونەوە ناو شارەکان و ژمارەیەکی زۆری لەو پێشمەرگانە لە شانە چەکدارەکانی بروسك رێك خست.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا لە هەولێر بەشدارییەکی کارای کرد، بە تایبەتی لە گرتنی یەکەم بنکەی حکومی لە هەولێر کە بنکەی پۆلیسی فاروق بوو لە گەڕەکی ٧ ی نیسان و هەر بە هۆی ئەمەوە دەم و دەست ناوی گەڕەکەکە کرا بە گەڕەکی راپەڕین.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکی و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووەو چوار جار بریندار بووە: جاری یەکەم لە شەڕەکانی قەندیل لە ساڵی ١٩٨٣، جاری دووەم لە شەڕێکدا لە نێوان پیرمام و سەری رەش لە ساڵی ١٩٨٦، جاری سێیەم لە شەڕێکدا لە گوندی زیارەت لە ساڵی ١٩٨٧ و جاری چوارەم لە شەڕی کۆڕێ لە ساڵی ١٩٩١.

ساڵی ١٩٩٢ بووە لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی سەلاحەددین. ساڵی ١٩٩٥ بووە رابەری سیاسیی لەشکری چوار. پاش رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و هێرشی هاوبەشی رژێمی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر هەولێر، لە کۆیە گیرسایەوەو لە ساڵی ١٩٩٧ دا بووە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە کۆیە. ساڵی دواتر لە سلێمانی بووە بەڕێوەبەری چالاکییەکانی هەڵگرتنەوەی مین. ساڵی ٢٠٠٠ بووە بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مین لە پارێزگای سلێمانی و لەم سەروبەندەدا چالاکییەکی چڕی بۆ پاککردنەوەی کوردستان لە مین ئەنجام داو بەشداریی لە چەند چالاکییەکی نێودەوڵەتیدا کرد لە دەرەوەی وڵات، هەروەك رۆڵێکی کاریگەریشی لە ئامادەکردنی پرۆژە یاسای دەزگای مین و پێشکەش کردنی بە پەرلەمان بۆ پەسندکردنی هەبوو.

ساڵی ٢٠٠٧ لە هەولێر بەشداریی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا کردو بە سەرکەوتویی لێی دەرچوو. ئەمەش ئەو دەرفەتەی بۆ رێکخست کە لە زانکۆ بخوێنێ. هەر ئەو ساڵە لە بەشی یاسای کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆی سەلاحەددین وەرگیراو ساڵی ٢٠١٢ خوێندنی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری یاسا بەدەست هێنا.

هەمان ساڵ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کرا. ساڵی ٢٠١٦ کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی

٣ ی ڕێکخستنی هەولێر. ساڵی ٢٠١٨ لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پارێزگای هەولێر، کاندید کرا بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق.

لە کۆنگرەی چوارەمی ساڵی ٢٠١٩دا لەسەر بازنەی هەولێر، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

لە کۆبونەوەی ١٩ی تەموزی ٢٠٢٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، بە لێپرسراوی کۆمیسیۆنی ڕێکخستن هەڵبژێردرا.

## حاجی مەمۆ



پێشمەرگە و نوسەر و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ. ناوی تەواوی عەباس محەمەد حسێن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی گوندی عەولافاتی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٥٧ ماڵیان بۆ هەولێر گواستۆتەوەو لەوێ لە ساڵی ١٩٥٨دا خراوەتە بەر خوێندن. لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو لەم ڕێیەوە بووە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە کاتی لەتبونی پارتیدا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسی کردو لە ساڵی ١٩٦٧بەدواوە وردە وردە ئاشنایی لەگەڵ بیروباوەڕی مارکسیزم پەیدا کرد.

ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی کوردیی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیراو هەر لەو ساڵەشدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا کەوتە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکانەوە، بەڵام بەر لەوەی دەستگیر بکرێ خۆی گەیاندە هەولێرو لەوێوە چوو بۆ چۆمان و پەیوەندیی بەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشەوە کرد. لەوێ وەك مامۆستای خوێندنگەی ناوەندی بۆ شارۆچکەی هیران نێردرا.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێر، خوێندنی زانکۆی تەواو کردو بەفەرمانبەر لە هەولێر دامەزرا. لەو ماوەیەدا چالاکیو هەڵسوڕانی لە بواری ڕێکخستندا چڕتر کردەوەو لەم سەروبەندەدا لێپرسراوەتیی کۆمیتەی برایم عەزۆی گرتە ئەستۆ.

لە ساڵی ١٩٧٩دا کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ بەپێی بڕیارەکانی کۆبونەوەی گوندی شێنێ پێك هات و جەمال تاهیر بووە بەرپرسی کۆمیتەکە. لە هەولێر حاجی مەمۆ، لە سلێمانی دلێر ئەحمەد شوکری و لە کەرکوك ئەحمەد کرێکار بونە بەرپرسی ڕێکخستنەکان. لە هاوینی ١٩٨٠دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ماوەیەك لە ناوچەی سەرکردایەتی لە ناوزەنگو زەڵێ گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٨١ بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کردو هەر ئەو ساڵە نامیلکەیەکی بە ناونیشانی «ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن» بڵاوکردەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢دا وتارێکی دەربارەی ناوەندێتیی دیموکراتی لە ژمارە ٢ی خولی دووەمی گۆڤاری «کۆمەڵە»دا بڵاوکردەوە.

پاش دامەزراندنی مەڵبەندەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢، کرایە ئەندامی مەڵبەندی ٣ کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لەگوندی وەرتێ بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣دا بە هۆی هەندێ کێشەوە دەستی لە کار کێشایەوە.

لە کاتی سەرهەڵدانی قەیران لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا، پشتگیریی لەو باڵە کرد کە دواتر ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشی لێ کەوتەوە. لە ڕەوتی پەرەسەندنی

ململانێی نێوان هەردوو باڵی رکابەری ناو کۆمەڵەدا، بەتایبەتی دوای بەستنی کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٤و دەست پێکردنی شاڵاوی تەنگ پێ هەڵچنین، ناچار بوو خۆی بشارێتەوەو لە هەولێرو گوندەکانی دەوروبەر رۆژگاری دژواری بەسەر برد.

ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بە نهێنی خۆیان گەیاندە ناوچەی بادینان و لەوێدا بە هاوکاریی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتنە شاری ورمێی ئێران. لەوێوە روی کردە ئۆردوگای ئاوارەکانی زێوێ کە مەکۆی سەرەکیی رێکخراوی «ئاڵای شۆڕش»ی لێ بوو. لەو ماوەیەدا لە نێوان زێوێ‌و خواکوڕکدا خەریکی کاری رێکخراوەیی‌و پێشمەرگایەتی بوو. بەڵام لەوێش کەوتە ناو کێشمەکێشی ناکۆکیی ناوخۆیی‌و لە ساڵی ١٩٨٧دا وازی لە«ئاڵای شۆڕش» هێناو بە قاچاخ بە ناو تورکیادا چوو بۆ سوریا.

دیارترین بەرهەمەکانی: «لە هەواری یادەوەرییەکاندا» (٢٠١٣).

بابەتی پەیوەندیدار:
* ئاڵای شۆڕش (رێکخراو).

## حازم یوسفی



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و پەرلەمانتار و دیپلۆماتکار. ناوی تەواوی حازم ئەحمەد مەحمود نەجمەددین تەها یوسفی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی ناحیەی بامەڕنی لە قەزای ئامێدیی سەر بە پارێزگای دهۆك. لە بامەڕنی خراوەتە بەر خوێندن و هەر سێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە دهۆك تەواو کردووە. ژیانی سیاسیی لە ساڵانی شەستەکان دەست پێ کردووە، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٦ ، کاتێك خوێندکاری پۆلی سێیەمی ناوەندی بووە، لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێکانی، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی دهۆکەوە گیراوەو رەوانەی سەربازگەی غزلانی کراوە لە موسل و دواتر رەوانەی بەندیخانەی گشتیی موسل کراوە. پاش شەش مانگ، دوای ئەوەی کە هیچیان لەسەر ئاشکرا نەبوو، خۆی و هاوڕێکانی ئازاد کران.

ساڵی ١٩٧٠ لە کۆلیجی یاساو سیاسەت لە زانکۆی بەغدا وەرگیرا. لەو ماوەیەدا ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبردنی رێکخستنی قوتابیان بوو لە کۆلیجەکە. ساڵی ١٩٧٤ پاش ئەوەی کە خوێندنی لە کۆلیجی یاساو سیاسەت تەواو کرد، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ئۆفیسی مامی، ساڵح یوسفی، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەمینداری گشتیی دادو ئەوقاف بوو، کاری کرد. بێ لەوە، وەك جێگری داواکاری گشتیش کاری کرد، سەرباری هەڵسوڕانی لە یەکێتیی لاوانی کوردستان.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ بەغداو لە کۆمپانیای دڵنیایی دامەزراو دواتر وەك بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیاکە گوێزرایەوە بۆ دهۆك.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ دا، لە رەوتی هەوڵەکانیدا بۆ دانەبڕان لە چالاکیی سیاسیی بزوتنەوەی کوردایەتی، پەیوەندیی نارێکخراوەیی لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراند. هەرچەند بە شێوەیەکی فەرمی نەیدایە

پاڵ پارتی، بەڵام هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو پەیوەندییە. ساڵی دواتر، دەزگا ئەمنییەکانی دهۆك بەو پەیوەندییە نهێنییەیان زانی و دەستگیریان کردو ڕەوانەی دەستەی تایبەتی لێکۆڵینەوەی کەرکوکیان کرد. لەوێ پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆرو بەکارهێنانی بڵاوکراوە نهێنییەکان کە لە ماڵی گیرا بون، وەك بەڵگە بۆ تاوانبارکردنی، لە ٢ی ئابی ١٩٧٦ دا فەرمانی هەشت ساڵ زیندانیی بۆ دەرچوو و ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کرا.

لە بەندیخانەی ئەبو غرێب ئاشنایی لەگەڵ سەرکردەو کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان پەیدا کردو لە ژێر کاریگەریی هەندێکیاندا، بەتایبەتی فەرەیدون عەبدولقادر و ئەرسەلان بایزو جەبار فەرمان، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرد. لە ساڵی ١٩٧٩دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. گەڕایەوە بۆ دهۆك و لەوێ بەردەوام بوو لەسەر کارکردن لە ناو ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەدا.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش کۆنگرە کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستاندا، لەسەر لیستی سەوز کاندید کرا، بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا و لە ناو پەرلەمان بووە جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامی لیژنەی یاسایی.

ساڵی ١٩٩٣ کرایە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە ساڵی ١٩٩٥دا، لە کاتێکدا کە دۆخی شەڕی ناوخۆ باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا بوو، کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان. هەر لەو ماوەیەشدا پلەی حزبیی لە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرز کرایەوە.

ساڵی ١٩٩٩ لێپرسراوەتیی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە قاهیرەی پایتەختی میسر پێ سپێردرا. لە ماوەی ئەو دە ساڵەی کە ئەو تێیدا لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکان بوو، ڕۆڵێکی کارای لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی کورد-میسردا گێڕاوەو بەشداریی لە چەند کۆڕو سیمینارو کۆنفرەنسێکیشدا دەربارەی مەسەلەی کورد کردووە.

لەو ماوەیەی کە لە میسر بووە، دوو نامیلکەی بە زمانی عەرەبی دەرکردووە، یەکێکیان بە ناونیشانی «فیدرالیزم و سیستەمە فیدرالییەکان»، ئەوی دیکە بە ناونیشانی« حزبە سیاسییەکان و هەڵبژاردن لە




میسر»، سەرباری ئامادەکردنی کتێبێك بە ناونیشانی « کورد لە رۆژنامەوانیی عەرەبدا» کە ژمارەیەك وتاری تێدا کۆکردۆتەوە کە نوسەرانی عەرەب لەسەر کوردو مەسەلەی کورد نوسیویانە.

لە ساڵی ٢٠٠٩ دا بووەتە باڵیۆزی عیراق لە مەغریب. لە ساڵی ٢٠١٥ دا بەر لەوەی کە مەغریب بەجێ بهێڵێ و وەك باڵیۆزی عیراق لە فلیپین دەستبەرکار بێ، پاشای مەغریب محەمەدی شەشەم، وەك رێزلێنانێك لە رۆڵی گرنگی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و مەغریب، مەدالیای پلە باڵای پێ بەخشیوە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ کراوە بە سەرۆکی فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق.

بابەتی پەیوەندیدار:

*قاهیرە (ئۆفیسی پەیوەندییەکان).

## حامد حاجی غالی



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ شاری هەڵەبجە. ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٤ دەست پێدەکا، کاتێك لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای بەستنی رێککەوتنی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران، پشتگیریی هەوڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد بۆ هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا و لە ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، لەگەڵ هەر یەك لە شەوکەت حاجی موشیرو عەلی شیعەو مەحمود عەبدولڕەحمان ناسراو بە شێخ عەلیو محەمەد حاجی مەحمودو تۆفیق رەحیم و حەمە سەعید حەمە ئەمین ناسراو بە دکتۆر رەزاو رۆستەم حەبیب گوڵەخانەیی ناسراو بە بورهان پێکەوە یەکەم مەفرەزەی سەرەتاییان لە ناوچەکانی شارەزورو هەورامان پێکهێنا. هەر ئەو ساڵە بووە فەرماندەی مەفرەزە و لە ساڵی دواتردا، پاش زیادبونی ژمارەی پێشمەرگە، بووە فەرماندەی کەرت. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، پاش رێکخستنی کاروباری هێزی پێشمەرگەو پێکهێنانی هەرێمەکان، بووە جێگری فەرماندەی هەرێمی یەکی هەورامان کە فەرماندەکەی مەلا بەختیار بوو.

ساڵی ١٩٧٨ لە سەروبەندی پرۆسەی ناردنی هێز بۆ ناوچەکانی سەر سنوری عیراق- تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕێک چەك کە نیاز وابوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە١٩ی نیساندا لەگەڵ بەشی یەکەمی هێزەکەدا کە بە فەرماندەیی خالید سەعید بوو، بەرەو شوێنی دیاریکراو بەڕێ کەوت. بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە سەری نەگرت، هێزەکە لەتوپەت بوو، لە ناوچەی هەکاری لە لایەن خێڵەکانەوە هێرشی کرایە سەرو لە١٩ی حوزەیراندا لەگەڵ کۆمەڵێك لێپرسراوو کادیردا بەدیل گیراو پاشان رادەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا. ساڵی ١٩٧٩ لە چوارچێوەی پرۆسەی میانگیری و گۆڕینەوەی دیلەکاندا لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە بە سەرپەرشتیی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو، ئەو و عەلی شیعە بە چەند دیلێکی پارتی گۆڕدرانەوە.

هەر ئەو ساڵە بووە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری

کە بارەگاکەی لەگوندی زەڵێ بوو، ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هەر یەك لە ئاوات قارەمانی، ئەنوەر حەسەن، شاخەوان عەباس، محەمەد غەریب عەبدوڵڵا، دانا ئەحمەد مەجید، ئەسکەندەر حاجی ئاغا ئاکرەیی، سەلاح چاوشین، شۆڕش ئیسماعیل، ڕەفیق سەبری (ئەنوەر) بەشدار بوو لە خولێکی عەسکەری لە لوبنان کە ڕێکخراوی بەرەی دیموکراتی رزگاریخوازی فەلەستین ڕێکی خستبوو. ئەم خولە دوو مانگ‌و نیوی خایاند و تێیدا ئەندامانی تیمەکە مەشقیان لەسەر چەندین جۆری چەك کردو شارەزایی تەواویان لە بواری تەقەمەنی و تاکتیکی سەربازی پەیدا کرد.

ساڵی ١٩٨٥ بووە بەرپرسی عەسکەریی مەڵبەندی دوو لەگوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافەتی. ساڵی ١٩٨٦ گواسترایەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و ماوەیەك لەوێ مایەوە. ساڵی ١٩٨٨ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شاری هەڵەبجە کە بە فەرماندەیی شەوکەت حاجی موشیر بەڕێوە چوو. هەر ئەو ساڵە، پاش پەرەسەندنی جەنگی کیمیایی‌و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، کرایە بەرپرسی عەسکەریی قۆڵی قەندیل- کونەکۆتر.

ساڵی ١٩٨٩ هێزەکەی گواسترایەوە بۆ دزڵیی ناوچەی مەریوان و لەگوندی مەڕگاوان گیرسایەوە. ساڵی دواتر بووە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەو بەرپرسی یەکە پارتیزانەکان. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا بەپێی نەخشەی دانراو قۆڵی شارەزوری پێ سپێردراو لەم سۆنگەیەوە بەهێزێکی گەورەوە لە چیای سورێنەوە دابەزی‌و ئەرکەکانی جێبەجێ کرد.

ساڵی ١٩٩٢ پاش پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان، بووە فەرماندەی ناوچەی کەرکوك. ساڵی دواتر، کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی شارەزور کە لێپرسراوەکەی کوردۆ قاسم بوو.

ساڵی ١٩٩٤، دوا بەدوای هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ، کرایە سەرلەشکری قۆڵی شارباژێر- پێنجوێن. ساڵی ١٩٩٥ کوردستانی بەجێ هێشت، لەهۆڵاند گیرسایەوە. ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە لێپرسراوی دەزگای شەهیدانی سەر بە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٧ لێپرسراوەتیی مەکتەبی کۆمەڵایەتیی گرتە ئەستۆو لە ساڵی ٢٠١٠دا لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

پاش کۆنگرە، بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی خۆی وەک لێپرسراوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی شارەزور، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. پاشان لە ئازاری ٢٠٢٠دا بە لێپرسراوەی مەکتەبی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکان هەڵبژێردرا و بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

## حامد قادر میرزا عەبدوڵڵا



کادیرو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣ی شاری پێنجوێن. قۆناغی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە پێنجوێن تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ لە پێنجوێن پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ڕێکخراوی بلکیان ڕێك خرا. لە ئازاری ساڵی

١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە هەرێمی ٣ی شارباژێر ژیانی پێشمەرگایەتی دەست پێکرد. پاش دامەزراندنی کەرتەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە، لە ماوەی نێوان ١٩٨٣-١٩٨٦ لە بواری ڕێکخستندا کاری کرد، سەرەتا وەك ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن چالاکیی نواندو پاشان بووە لێپرساوی پۆلی ڕێکخستنی پێشمەرگە لە تیپی ٣١ی سلێمانی و تیپی مەڵبەندی ١ لە شارباژێر.

لە ماوەی نێوان ١٩٨٦-١٩٨٨دا ڕابەری سیاسیی تیپی ٣١ی سلێمانی بوو. دوای ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ماوەی نێوان ١٩٨٨-١٩٩٣ لە ئێران وەك کادیر لە بەشی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە شاری مەریوان کاری کرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی چەندین چالاکیی کردووە لەوانە شەڕەکانی هێزی پشتیوان (١٩٨٢)، کەولۆس، دەشتی پێنجوێن، حاجی مامەند، قەیوان- ماوەت و داستانی ڕزگاری. دوو جاریش بریندار بووە: جارێك لە ساڵی ١٩٨٣ لە کاتی هێرشی هێزەکانی عیراق بۆ سەر ناوچەی شارباژێرو جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی هێرشی کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداغ.

ساڵی ١٩٩٣ گەڕایەوە بۆ سلێمانیو بووە ئەندامی مەڵبەند لەمەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨ وەك لێپرساوی کۆمیتەی ڕێکخستنی شارباژێر چالاکیی نواند. لە ساڵانی ٢٠٠١و٢٠٠٣ دا ئەرکی ڕێکخستنی لە ناو شاری سلێمانی پێ سپێردراو لەم سەروبەندەدا لە ئایاری ٢٠٠١دا بووە لێپرساوی کۆمیتەی ٩ی ڕێکخستنی گەڕەکی زەرگەتە لە سلێمانیو لەتەموزی ٢٠٠٣دا لێپرساوەتیی کۆمیتەی ١٠ی ڕێکخستنی گەڕەکی ئاشتیی گرتە ئەستۆ.

لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ ٩ کادیری تردا بوو بە کارگێڕی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی. هەر ئەو مانگە، لەگەڵ کردنەوەی مەڵبەندی ٢١ی ڕێکخستنی دەوروبەری شاری سلێمانی، کرایە جێگری لێپرساوی مەڵبەند. هەمان ساڵ قۆناغی ئامادەیی بە تاقیکردنەوەی دەرەکی تەواو کرد.

ساڵی ٢٠٠٦ لە بەشی ئابوریی کۆلیجی بازرگانیی زانکۆی سلێمانی وەرگیراو دواتر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٧ وەك ئەندامی ئەنجومەن بۆ مەکتەبی چاودێریو بەدواداچون گوێزرایەوە. ساڵی ٢٠٠٨ مەدالیای ڕێزلێنانی پێشمەرگە دێرینە دانەبڕاوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێشکەش کرا. ساڵی ٢٠١١ پاش ئەوەی کە بڕیار درا حەوت ئەندام بۆ مەکتەبی چاودێریو بەدواداچون دیاری بکرێن، ئەو یەکێك لە حەوت ئەندامەکە بوو.

لە کانون دووەمی ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا وەک یاریدەدەری لێپرساوی مەکتەبی چاودێری و بەدواداچوون دەست بەکار بوو.

دیارترین بەرهەمەکانی: «گەندەڵی: هۆکار، کاریگەری، بەرەنگاربونەوە» (٢٠١٢).

## حزبی سۆسیالیستی کوردستان

حزبێکە ساڵی ١٩٧٩ سەری هەڵداوەو لە بنەڕەتدا زادەی یەکگرتنی سێ گروپی جیاوازە، یەکەمیان کە گروپە بنەڕەتییەکەیە، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانە بە ڕابەڕایەتیی ڕەسول مامەند کە تازە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا ببۆوە، ئەوی تر کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانە بە ڕابەرایەتیی دکتۆر مەحمود عوسمان و سێیەمیان گروپێکە لە ژمارەیەك کادیری یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان پێکهاتبوو، لەوانەی کە لەبەر هۆی جیاواز ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بەجێ هێشتبوو و بڕیاریان دابوو لە ناو حزبە تازەکە درێژە بە چالاکیی سیاسیی خۆیان بدەن. لە سەرەتادا حزبەکە بە ناوی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان (حسیك) راگەیەنرا، دواتر ئاوەڵناوی «یەکگرتوو»ی لێ داماڵدراو بە حسك ناسرا.

لە ئابی ١٩٧٩دا حزب کۆنفرەنسی بەست و خۆی راگەیاند. لە ئەیلولی هەمان ساڵ حزب پرۆسەیەکی دانوستانی لەگەڵ حکومەتی عیراق دەست پێ کرد، بەڵام پرۆسەکە شکستی هێناو هیچی لێ هەڵنەوەری.

لە ساڵانی بەراییدا پەیوەندیی حزبی سۆسیالیست لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕێکی زۆر گرژیی تێکەوت. ساڵی ١٩٨٠ حزبی سۆسیالیست هاوپەیمانییەکی سیاسیی لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی ناسراو بە جود لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق راگەیاند. ئەم هەنگاوە بوە مایەی هەڵکشانی ئاستی گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردولادا، هەروەك فاکتەرەکانی پەرە ئەستاندنی شەڕی ناوخۆشی زیاد کرد.

ساڵی ١٩٨١ حزب یەکەم کۆنگرەی لە دارەتوو لەسەر سنوری عیراق- ئێران بەست و سەرکردایەتییەکی تازەی هەڵبژارد کە بە ئەندامە یەدەکەکانەوە لە ٢٥ ئەندام پێکهاتبوو لەوانە ، عادل موراد، رەسول مامەند، قادر عەزیز، سەید کاکە، ئەحمەد فەقێ رەش، محەمەد شاکەلی. پاش کۆنگرە، سەرکردایەتیی حزب لەسەر هەڵبژاردنی ساڵح یوسفی بە سکرتێری حزب گیرسایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی یوسفی لە بەغدا دەژیا، بڕیارەکە بە نهێنی مایەوە. لە ٢٥ی حوزەیراندا، پاش نزیکەی مانگ و نیوێك لە بەستنی کۆنگرەی یەکەم، ساڵح یوسفی لە بەغدا بە دەستی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عیراق تیرۆر کرا. حزب لە جێی ئەو، رەسول مامەندی بە سکرتێر هەڵبژارد.

ساڵی ١٩٨٣ پاش توندوتیژبونی ململانێ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵایسانی شەڕەکانی پشتاشان و قەندیل، حزبی سۆسیالیست هەموو بارەگاکانی لە کوردستان لەدەستداو بۆ ناو خاکی ئێران کشایەوە.

ساڵی ١٩٨٥ حزبی سۆسیالیست سیاسەتێکی ئاشتییانەی بەرامبەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پیادە کردو بۆ ساڵی دواتر رێککەوتننامەی ئاشتبوونەوەی لەگەڵدا واژۆ کرد. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ هەر یەك لە یەکێتیی نیشتمانی، پارتی دیموکرات، لقی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان و پاسۆك بەشدار بوو لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی.

حزبی سۆسیالیست بەشداریی لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١و لە وتوویژی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراقدا کرد. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢ رێژەی پێویستی بۆ چوونە ناو پەرلەمان بەدەست نەهێنا.

ساڵی ١٩٩٢ بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکگرتنی هەر سێ حزبی گەل و پاسۆك و سۆسیالیستدا، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا حزبی سۆسیالیست بوو بە دوو لەتەوە، لەتێکی بەشدار بوو لە دامەزراندنی پارتی یەکگرتن لەگەڵ پارتی گەل و پاسۆك، لەتەکەی تری بە سەرکردایەتیی سکرتێری حزب رەسول مامەند هاتە دەرێ و دواتر لە شاری رانیە کۆنگرەی دووەمی بەست و سەرکردایەتییەکی تری هەڵبژارد.

لە شوباتی ١٩٩٣ حزبی سۆسیالیست خۆی هەڵوەشاندنەوەو چووە ناو ریزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە. هەر ئەو ساڵە بەشێکی ئەندامانی حزبی سۆسیالیست کە چوو بوونە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بە سەرکردایەتیی محەمەد حاجی


مەحمود وازیان لە پارتی هێنا و لە ساڵی ١٩٩٤دا حزبی سۆسیالیستیان دامەزراندەوە و محەمەد حاجی مەحمودیان بە سکرتێری حزب هەڵبژارد.

بابەتی پەیوەندیدار:

* جود (بەرەی سیاسی).

* پەیمانی یەکگرتنەوەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

## حسێن بابە شێخ*



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فەرماندە و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤١ی گوندی شێخان. لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەرو ناسراوی ئێزدییەکانی شێخانە.

ژیانی سیاسیی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا دەست پێدەکا، کاتێك خوێندکاری ناوەندیو ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو و زۆری نەبرد لە بواری خەباتی خوێندکارانەدا کادیرێکی بەتواناو لێوەشاوەی لێ دروست بوو. ساڵی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دیار نیە بەڵام وا باوە کەپێش روخانی رژێمی پاشایەتیی عیراق ئەندامی پارتی بووە. پاش گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو لە ساڵی ١٩٥٨، بابە شێخ ناوبانگێکی وای لە ناو ئێزدییەکاندا دەرکردبوو کە یەکێکە لە هەرە دڵسۆزەکانی بارزانی. ئەمەش کێشەیەکی زۆری لەگەڵ ئەو خێڵانەدا بۆ دروست کرد کە دوژمنی بارزانییەکان بون. لە کاتی هێرشی خێڵەکاندا بۆ سەر بارزان، هێزی چەکداری لە ئێزدییەکان کۆکردەوە، فریای بارزانییەکان کەوت و بەرگریی لە بارزان کرد.

لە ساڵی ١٩٦١دا لەگەڵ تێکچونی پەیوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی جەنراڵ عەبدولکەریم قاسمدا، دەزگا ئەمنییەکان دەستگیریان کردو بەتۆمەتی پێکهێنانی یەکەی چەکدارو بەرگری کردن لە بارزان، خستییانە زیندانەوە. لە ساڵی ١٩٦٤دا لە زیندان ئازاد کراو هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. لە ناو پارتیدا کرایە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی شێخان و دواتریش کرایە ئەندامی لقی بادینان. لە هێزی پێشمەرگەدا هەموو پلەکانی بڕیو لەدواییدا پلەی سەرلقی پێ درا. تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، بەردەوام بوو لەسەر پێشمەرگایەتی. ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لەوێ مایەوە.

پاش دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای کەمتر لەسێ مانگ لە هەرەس هێنانی شۆڕش، ئێرانی بەجێ هێشت و بەناو خاکی تورکیادا خۆی گەیاندە سوریاو پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد.

لەو ماوەیەی کە لە سوریا بووە، بەشدار بووە لە دابین کردنی پێداویستییە لۆجستیکییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و ئامادەکردنی ئەو یەکە چەکدارانەی کە بۆ جاڕدانی شۆڕش بۆ بادینان دەنێردرانەوە. بەهاری ١٩٧٧ بە هێزێکەوە بەرەو بادینان بەڕێ کەوت بەڵام لە ناوچەی گۆیی، لە نێوان ئولودەرەو زاخۆ، هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنگیان پێ هەڵچنیو هەوڵی پاکتاوکردنی هێزەکەیان دا. دوای دژوارییەکی زۆر، هێزەکە گەیشتە شەمزینان و لەوێوە لە سنوری عیراق- تورکیا پەڕییەوەو لە برادۆست گیرسایەوە.

له یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ نیشتمان، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردراو لەگەڵ هەر یەك لە دکتۆر فوئاد مەعسوم، دکتۆر کەمال فوئاد، عادل موراد، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزاو دکتۆر عومەر شێخموس لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتیدا نوێنەرایەتیی هێڵی گشتیی کرد و پاش بڕیاردان لەسەر دابەش کردنی کوردستان بەسەر هەشت هەرێمدا، لێپرسراوەتیی فەرماندەیی هەرێمی بادینانی پێ سپێردرا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا بۆ ناوچەی سۆران داکشاو لە شارباژێر لەگەڵ هێزەکەی نەوشیروان مستەفای فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێردا یەکی گرتەوە. لە نیساندا بەشداریی لە کۆبونەوەی دووەمی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا کرد لەگوندی نۆکان و دواتر لەگەڵ هێزێکدا کە خالید سەعید رابەرایەتیی دەکرد، لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێکدا کەدواتر بەئۆپەراسیۆنی هەکاری ناوی دەرکرد، بەرەو ناوچەی برادۆست بەڕێ کەوت. ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك بوو کەنیاز وابوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. لەبەرنامەدا بوو چەکەکە پێش حوزەیران بگات چونکە حکومەتی عیراق بەنیاز بوو لەحوزەیراندا دەست بەجێبەجێ کردنی پرۆسەی راگواستنی گوندەکان بکات.

ئۆپەراسیۆنەکە بە هۆی گەلەکۆمەکێی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و خێڵەکانی ناوچەی هەکارییەوە ئەنجامی کارەساتباری لێ کەوتەوەو بووە مایەی لەتوپەتبونی زۆرینەی هەرە زۆری ئەو هێزەی ئەرکی وەرگرتنی چەکەکانی پێ سپێردرابوو. لە١٩ی حوزەیراندا لە شەڕێکدا لەگەڵ خێڵەکانی ناوچەکەدا، لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تری یەکێتیدا بە دیل گیراو دواتر رادەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی کرا.

پاش دیل کردنی، ئاسەواری نەماو هیچ زانیارییەك لەبارەیەوە چنگ نەکەوت. لە ئەیلول بەدواوە نیگەرانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەمەڕ چارەنوسی هەر یەك لە عەلی عەسکەریو خالید سەعید و حسێن بابە شێخ زیادی کرد. لە ڕاستیدا نیگەرانییەکە لە جێی خۆیدا بوو.

دواتر دەرکەوت سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەیەکی بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی عەلی عەسکەریو خالید سەعید و حسێن بابە شێخ پێك هێناوە. لیژنەکە لە ٤ی تەموزی ١٩٧٨دا بڕیاری کوشتنی هەرسێکیانی داوە. تا ئێستا کات و شوێنی شەهیدکردنیان ئاشکرا نەکراوە، تەرمەکانیشیان بە کەسوکاریان نەدراوەتەوەو شوێنی بە خاك سپاردنیشیان نەزانراوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* هەکاری (ئۆپەراسیۆن).

## حسێن بندایزانی*



پێشمەرگە و فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی حسێن عەبدوڵڵا رەسول. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی گوندی بندایزانی ناوچەی باڵەکایەتی لە قەزای چۆمان. لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرە. باوکی، ساڵی ١٩٦٣ لە شۆڕشی ئەیلولدا شەهید بووە.

بندایزانی لە ساڵی ١٩٧٣ بووەتە پێشمەرگە و لە ناوپردان لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری ژیانی

پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردووە. ساڵی ١٩٧٤ دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، بەشداریی لە شەڕەکانی زۆزك و هەندرێن کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، هەر لە ناوچەی باڵەکایەتی گیرسایەوە. مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە.

پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦، چەند پارچە چەکێکی بە هێزی پێشمەرگە بەخشی، هاوکاریی خالید سەعید و سەعدی عەزیزی کرد و لەو ماوەیەدا خەریکی دابین کردنی پێداویستییە لۆجستیکییەکانی هێزی پێشمەرگە بوو.

ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ کۆمەڵێك لە خزم و کەسوکارەکانی پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە سنوری هەرێمی ٧ی باڵەك بووە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٢ بۆ هێزی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی گواسترایەوەو لەوێ بە فەرمانی تاڵەبانی کرایە فەرماندەی کەرت. هەر لەو ساڵەشدا بەشدارییەکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان دا کرد و لە بەرەکانی کونەمشك و ئالوەتان و میراواو واوان و بەردەسپیان ئەرکەکانی جێبەجێ کرد.

ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی قەندیل دا کرد، بەتایبەتی لە بەرەکانی کونەکۆتر، قەندیل و ناودەشت، هەر لەو ساڵەشدا بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی بێتواتە و وەك فەرماندەی کەرت گواسترایەوە بۆ تیپی ٧٨ ی کاروخ.

ساڵی ١٩٨٥ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەك و ساڵی ١٩٨٦ بەشدار بوو لە شەڕەکانی قەیوان-ماوەت و لە بەرەی خەجەلەرزۆك دلاوەرییەکی زۆری نواند. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ و لە ساڵی ١٩٨٧ دا رۆڵێکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی «داستانی رزگاری» و شەڕەکانی ماکۆك و بەنی هەریر و گرتنی شارۆچکەی تەقتەق و شەڕەکانی دێگەڵەدا گێڕا. هەمان ساڵ، لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی فەرماندەی تیپەکاندا، کرایە فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەك.

لە ئەیلولی ١٩٨٧ دا هەردوو تیپی ٨٥ ی بەڕانەتی و ٩١ ی سەفین دەستیان بەسەر شارۆچکەی هیراندا گرت. لەو ماوەیەدا ١١ تیپی هێزی پێشمەرگە، لەوانە تیپی ١٩ی کۆڕەك بە فەرماندەیی بندایزانی، بەرەیەکی فراوانیان بۆ تێکشکاندنی هێرشی هێزەکانی عیراق پێکهێنا. لە ٦ ی ئەیلولدا هێزەکانی عیراق بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی وەزیری بەرگریی عیراق عەدنان خێرولڵا لە چوار قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا. شەڕ هەر بەردەوام بوو. لە ٩ ی ئەیلولدا لیوایەکی گاردی کۆمار بە پاڵپشتی جاش هێرشێکی بەربلاوی کردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە. لەو هێرشەدا لە قۆپی گەرۆتە لە زنجیرە چیای سەفین، بندایزانی شەهید کرا.

لە ١٠ ی ئەیلولی ١٩٨٧دا مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەیاننامەیەکی بە بۆنەی شەهیدبونی بندایزانییەوە دەرکرد، تێیدا هاتبوو کە بندایزانی «هەڵۆیەکی تری کوێستانی کوردستان بوو کە بڕیاری دابوو لە لوتکە نەبێ نەمرێ» و وای دانابوو کە دەبێ «سەرمەشقی گیانبازی و ئازایەتی و هەڵمەت بێ بۆ هەموو پێشمەرگەکانی تیپەکەی و هەموو پێشمەرگەی کوردستان».

بابەتی پەیوەندیدار:

*هیران (ئۆپەراسیۆن).

*هێزی پشتیوان (ئۆپەراسیۆن).

**پاشکۆ**

### بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی شەهیدبونی حسێن بندایزانییەوە


بە داخ پەژارەیەکی زۆرەوە، مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەواڵی شەهیدبونی رۆڵەیەکی تری قارەمانی گەلەکەمان کاکە حسێن عەبدوڵڵا رەسول ناسراو بە حسێن بندایزانی فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەك بە جەماوەری گەلەکەمان و بە تێکۆشەر و پێشمەرگە قارەمانەکانی رادەگەیەنێ. کاکە حسێن بندایزانی هەڵۆیەکی تری کوێستانی کوردستان بوو کە بڕیاری دابوو لە لوتکە نەبێ نەمرێ، بۆیە لە ٩ی ئەیلولی ١٩٨٧ دا لە داستانێکی گەورەی نەبەردەکانی رزگاری و بەرگریدا لە کەپکی گەرۆتە پاش شەڕێکی دلێرانە و کەم وێنە، گیانی پاکی بە ئازادی و شارە خنجیلانەکەی هیران و بە مەسەلەی رەوای گەلەکەمان بەخشی. شەهیدی نەمر وەکو باقی فەرماندەو سەرکردەکانی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕوای وا بوو کە دەبێ خۆی سەرمەشقی گیانبازی و ئازایەتی و هەڵمەت بردن بێ بۆ هەموو پێشمەرگەکانی تیپەکەی و هەموو پێشمەرگەی کوردستان. کاکە حسێنی شەهید لە ساڵی ١٩٥١ لە گوندی بندایزانی سەر بە قەزای چۆمان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر، بۆ خەبات و بەرگری لە کوردستان، لە دایك بووە. جوتیارێکی خۆشەویستی گوندەکەی بوو. لە ساڵی ١٩٧٦دا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد و بوو بە ئەندامێکی دڵسۆزی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. لە زستانی ساڵی ١٩٨٢ بوو بە پێشمەرگە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ناوزەنگ. لەبەر ئازایەتی و گورج و گۆڵی و ژیریی، هەر زوو بوو بە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٧٨ ی کاروخ. پاش بەشداری کردنی دلێرانەی لە چەندین نەبەردو داستانی گەورە و بێ وێنە وەکو نەبەردەکانی بێتواتە، قەندیل، ماکۆك، کێوەڕەش و دۆڵی خەلەکان، لە ساڵی ١٩٨٥ بوو بە جێگری فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەك. پاش نواندنی قارەمانێتی لە چەندین نەبەردی تری وەك شەڕەکانی کۆڕەك، بەنی هەریر، قەیوان- ماوەت، کۆڕەنگ، گۆجار، خەجەلەرزۆك، حەسەن بەگ، ولاخلوو و باڵخ کرایە فەرماندەی تیپی ٧٨ ی کاروخ و پاشان کرایە فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەك. بە راستی فەرماندەیەکی قارەمان و بەهەڵمەت بوو. لە چەندین شەڕو نەبەردی سەرکەوتووانەی تردا بەشداریی کردووە و دەوری کاریگەری تێدا نواندووە. لە شەڕەکانی هیران، لە ٩ی ئەیلولی ١٩٨٧ دا لەسەر کەپکی گەرۆتە دوایین گوللەی لەپێناوی بەرگری و رزگاریدا نا بە داگیرکەرەکانی کوردستان و تفەنگەکەی دایە دەستی رۆڵەیەکی تری گەلەکەمان.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کاتێکدا کە ئەم هەواڵە پڕ لە ناسۆرە بڵاو دەکاتەوە، سڵاوی گەرمی تێکۆشان و نەبەزین بۆ گیانی پاکی شەهید حسێن بندایزانی و گشت شەهیدانی رێگای رزگاریی کورد و کوردستان دەنێرێ.

مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١٠/ ٩/ ١٩٨٧

## حسێن حاجی حەسەن*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و فەرماندەی کەرت. ناسراو بەگۆران تلەزەیتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی تلەزەیتی ناوچەی قەرەداغ. ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە هێزی خەبات بووە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی

شۆڕش، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٦ پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردو ئامادەیی بەشداری کردنی دەربڕی. هەر ئەو ساڵە للە مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، لە ناوچەی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردەوەو جارێ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی دا، ساڵی ١٩٧٧ پاش پێکهێنانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ، کرایە فەرماندەی کەرت و لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشمەرگایەتیدا نواند.

لە٧ی ئابی ساڵی ١٩٨٠ لە چالاکییەکدا کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، مامە ریشە، فەرماندەی کەرتی ٤ی جەباری، لە باسەرە بۆسەی بۆ کاروانێکی سەربازی دانا، چەند سەربازێک و یانزە پسپۆری سۆڤێتیی دەستگیر کرد و دواتر پسپۆرەکانی رادەستی کەرتەکەی حسێن حاجی حەسەن کرد تاکو بیانگەیەنێ بە بارەگای سەرکردایەتی لە گوندی توژەڵە. لە ١٠ی ئابدا لە نێوان هەردوو گوندی خاوێ و قازانقایەی ناوچەی قەرەداغدا هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق بە پاڵپشتی چەند هەلیکۆپتەرێکی جەنگی هێرشی کردە سەر هێزەکەی بە مەبەستی ئازادکردنی پسپۆرە سۆڤێتییەکان. لەم روبەڕوبونەوە سەختەدا کەحەوت سەعاتی خایاند، پاش بەرگرییەکی قارەمانانە، خۆی و پێنج هاوڕێی شەهید بون. لەم شەڕەدا سێ پسپۆری سۆڤێتی بریندار بون. دوای شەڕەکە بە رۆژێك، پسپۆڕەکان ئازاد کران و بە سەلامەتی گەیشتنەوە شاری کەرکوک.

لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٨٠ دا کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە چلەی هەر شەش شەهیدیدا بەیاننامەیەکی بە ناونیشانی «زەبروزەنگی فاشیستییانە بە زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە وەڵام دەدرێتەوە» دەرکرد، تێیدا هاتبوو «چل رۆژ لەمەوبەر فاشیستەکان بە پیادەو هەلیکۆپتەری جەنگی، هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچەکانی سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ بە نیازی ئابڵوقەدان و لە ناوبردنی پێشمەرگەکان لە نێوان گوندی خاوێ و قازانقایە. هەلیکۆپتەرەکان شاڵاوێکی کتوپڕیان کردبوە سەر کۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمان و لە ئەنجامی شەڕێکی سەختی فیداکارانەدا، سەرەنجام پەلامارەکانی دوژمن یەك لە دوای یەك شکێندران و دوژمنی رەگەزپەرست بەزێندرا». لەبارەی حسێن حاجی حەسەنەوە، بەیاننامەکە وتویەتی شەهید «لە زۆربەی زۆری شەڕەکانی قەرەداغ بەشداریی کردبوو و نمونەی پێشمەرگەو ئامر مەفرەزەو ئامر کەرتی هەرێمی پێنج بوو».

ئەو پێنج پێشمەرگەیەی لە شەڕەکەدا لەگەڵ حسێن حاجی حەسەن شەهید بون ئەمانەن: عەلی قادر شەریف ناسراو بە عەلی جافەرانی، ئەحمەد حارس کانی هەنجیری، ئەسعەد حامید، هیوا نوری رەباتی و بەهادین عەلی سەعید.

## پاشکۆ
## بەیاننامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە چلەی شەهیدان حسێن حاجی حەسەن و عەلی جافەرانی و هاوڕێکانیان

هەتا دێت تاقمە فاشیستەکەی بەغدا پتر پەرە بە زەبروزەنگی فاشیستی دەداو تاسەی شۆڤێنیزمانەی بە خوێنی رۆڵە نەبەزەکانی کوردستان و نیشتمانپەروەرانی عیراق دەشکێنێ و دەزگا تۆقێنەرەکانی رژێم لەسەر تاسەی کوردستان و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق، بەردەوام

چـاوی پـڕ لـە تـاوان و تـاوانـکـارانـەیـان بـڕیـوەتـە شەهیدکردنی تێکۆشەران، چ بە شەهیدکردنیان بێت لە سەنگەرەکانی خەبات چ بە لەسێدارەدانیان بێت لە گرتوخانە سامناکەکانیان. شاڵاوو پەلامارەکانی رژێم بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە نیازی ئابڵوقەدان و لە ناوبردنیان رۆژی چەند جارە دوپات دەکرێنەوە، هەزاران سەربازو حەرەسی حدودو جاش و خۆفرۆش بۆ ئەم مەرامە ناڕەوایە راپێچ دەکرێن و بەگژ هێزەکانی پێشمەرگەدا دەکرێن، بەڵام تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان، پێشمەرگە دلێرەکانی کوردستان، لە روانگەی تێگەیشتنی ئەو راستییە دروستەی کە وەڵامـدانـەوەی زەبروزەنگ و داپـڵـۆسـیـن هـەر زەبـروزەنـگـی شـۆڕشـگـێـڕانـە و خەباتی چەکدارانەیە، بۆیە هەتا دێت جوامێرانەتر لە شەڕەکاندا بە گژ فاشیستەکاندا دەچنەوەو رۆژ نیە داستانێکی مەزن لە ژیانی گەلەکەمان تۆمار نەکەن و گورزێکی کوشندە لە دوژمن نەدەن.

شـۆڕش و کـاروانـی نـوێـی شـەهـیـدانـی نـەمـری گەلەکەمان بەڵگەی زیندوی ئەو راستییە هێژایەن، چ بە نیسبەت رژێم و زەبروزەنگییەوە چ بە نیسبەت گەلەکەمان و زەبروزەنگی پێشمەرگە نەبەزەکانییەوە.

بیرەوەریی چلەی ئەم پۆلە شەهیدە سەلمێنەری ئـەو راسـتـیـیـەی سـەرەوەن لـەمـەڕ دڕنـدەیـی دوژمـن و بـەرگـریـی بـێ وێـنـەی گـەلـەکـەمـان. چـل رۆژ لەمەوبەر فاشیستەکان بە پیادەو هەلیکۆپتەری جەنگی، هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچەکانی سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ بە نیازی ئابڵوقەدان و لە ناوبردنی پێشمەرگەکان لە نێوان گوندی خاوێ و قازانقایە. هەلیکۆپتەرەکان شاڵاوێکی کتوپڕیان کردبوە سەر کۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمان و لە ئەنجامی شەڕێکی سەختی فیداکارانەدا، سەرەنجام پەلامارەکانی دوژمن یەك لە دوای یەك شکێندران

و دوژمـنـی رەگـەزپـەرسـت بـەزێـنـدرا، بـەڵام شەش پێشمەرگەی گیانبازیش شەهید کران و گیانی پاك و پیرۆزیان بە گەل و کۆمەڵە بەخشی.

١-شەهید حسێن حاجی حەسەن ناسراو بە گۆران. ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی تلەزەیتی سەر بە ناحیەی قەرەداغ لە بنەماڵەیەکی جوتیاری هەژار لەدایك بووە و پەروەردە کراوە. هەر لە کۆشی زەحمەتکێشانەوە هەموو ژیانی بە فەلاحەت و رەنجدەری بردۆتە سەرو لە کوورەی خوێنمژینی رەنجدەراندا هێندە خوێنی بنەماڵەکەی و خۆی مژراوەو رەنجیان داوە، هەستی خۆڕسکی پیرۆزی چینایەتی تێدا پشکوتووە، بۆیە هەر لە ساڵی ١٩٦٩وە هەتا ئاشبەتاڵە نیشتمانفرۆشییەکەی بارزانی، خۆی و عەبدوڵڵای برای پێشمەرگە بوون و عەبدوڵڵای جوانەمەرگ لە شەڕی ساڵی ١٩٧٤ی زۆزك شەهید کرا.

مەینەتی و کارەساتی جەرگبڕی ئاشبەتاڵ و بەفیڕۆدانی خوێنی هەزارەها شەهید هێندە کاری تێ کردبوو، کە پاش ئاشبەتاڵ خۆی بە دوای رێکخستندا دەگەڕا، هەتا لە رێگەی شەهید جەمالە رەشی نەمرەوە رێك خراو لە ئەڵقەیەکی کۆمەڵە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ وەرگیراو بەوپەڕی دڵسۆزی و پەرۆشییەوە تێدەکۆشاو لە هەموو کۆبونەوەیەکدا ئەو پرسیارەی دوپات دەکردەوە کە شۆڕش کەی بەرپا دەبێتەوە؟ لە کۆبونەوەیەکدا کە تێیدا لە بڕیاری بەرپاکردنەوەی شۆڕش ئاگادار کرابوو، دەستبەجێ یەکەم کەس بوو پێشنیازی دروست کردنی مەفرەزەی لە قەرەداغ کردبوو. پێشنیازەکەی قبوڵ کرا. خۆیشی وەنەبێ هەر بە قسە ئەو پێشنیازەی کردبێ، بەڵکو ئەو یەکەم پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکەی قەرەداغ بوو کە لە سێ پێشمەرگە (شەهید مولازم جوامێر سایەمیر، شەهید محەمەد مەحمود محەمەد باخ ناسراو بە شەماڵ و حسێن حاجی حەسەن ناسراو

بە گۆران) پێکهاتبوو.

ئـەوەی شـەهـید گـۆرانـی نـاسـیـبـێ، بـاش ئـەو راستییە دەزانێت کە کاکە گۆران رۆڵێکی باڵاو جوامێرانەی لە گەشەپێدان و چەسپاندنی ئەو مەفرەزەیە هەبوو تا کردنی بە هەرێمێکی گەورەی شۆڕشەکەمان. شەهید لە زۆربەی زۆری شەڕەکانی قەرەداغ بەشداریی کرد بوو و نمونەی پێشمەرگەو ئامر مەفرەزەو ئامر کەرتی هەرێمی پێنج بوو کە هەر سێ پلەکەی لەم شۆڕشەدا بە خۆیەوە دیوە. هەتا دوا رۆژی خۆی، ساتوسەودای نەزانیوەو بە هیچ فرتوفێڵێکی دوژمن و تەماع خستنە بەری لە لایەن لایەنەکانی ترەوە هەڵنەخەڵەتاوەو وازی لە بیروباوەڕی کۆمەڵە نەهێناوە، تەنانەت لە دوا سەعاتی ژیانیشی بەپێکراوی، گاڵتەی بە دوژمن کردووە. بەم شێوەیە، بۆ دوا جار لە ناو هاوڕێکانیدا بە دەموچاوی پێکەنینەوە چاوی بۆ هەمیشە لێك ناو چەکەکەی دایە هاوڕێیەکی تر.

٢-برینپێچ شەهید عەلی قادر شەریف ناسراو بە عەلی جافەرانی. ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی جافەرانی قەرەداغ هاتۆتە دونیاوە. تەواوی ژیانی خۆی بە ململانێ لەگەڵ دەستکورتی و هەژاری، لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەو چینە رەنجدەرەکەی بردۆتە سەر. مرۆڤێکی کۆڵنەدەرو پشوو درێژ بوو بەرامبەر بە داوو تەنگوچەڵەمەکانی ژیان، بۆیە توانیویەتی، سەرباری هەژاری و نەبونی، تا پۆلی چواری ئامادەیی تەواو بکات و بشبێتە برینپێچێکی کارامە. ئەمە جگە لەوەی کە هەر لە تافی لاوێتییەوە خولیای رزگاربونی گەلەکەی و چینە رەنجدەرەکەی بووەو بەوپەڕی گیانی لەخۆبوردنەوە بۆیان تێکۆشاوەو لە ساڵی ١٩٦٤ وە بووە بە پێشمەرگە. دواییش بە هۆی وریایی و هۆشیاری و دڵسۆزییەوە کراوە بە کادیرو لە ناو خەڵکدا کادیرێکی زۆر خۆشەویست بوو.

تا ئاشبەتاڵە ئابڕوبەرەکە کۆڵی نەداوەو دوا بە دوای ئەو خیانەتەش بە ماوەیەکی کەم لە ریزەکانی کۆمەڵەدا رێك خراوەو گەرمتر لە پێشوو کەوتۆتە گەڕو چالاکی.

پێش هاتنە دەرەوەی، لە لایەن رژێمەوە گیراو قورسترین ئەشکەنجە دراوە بۆ ئەوەی نهێنییەکانی رێکخستن بدرکێنێ و ناوی هاوڕێکانی بڵێ بەڵام دوژمن گەوج بوو. ئەو خیانەتەو دکتۆر عەلی جافەرانیی قارەمانیان نەوتبوو. خۆی راگرت و ئازایانە بەرگەی گرت. ناچار، دوژمن دەستی لێ هەڵگرت و ئازادی کرد. دوای ماوەیەکی کەم فەرمانی گرتنەوەی درا، بەڵام ئەمجارەیان خۆی نەدا بەدەستەوەو بوو بە پێشمەرگە. شەهید عەلی لە پاڵ برینپێچی و خزمەتکردنی نەخۆشە هەژارەکانی هاوچینەکەی، بوو بە کادیر، پاشانیش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی بازیان. نمونەی پێشمەرگە و کادیرو برینپێچی خۆشەویست و بەڕێزی ناو جەماوەر بوو و هەتا دوا هەناسەی ژیانیشی بە دڵسۆزی مایەوەو بە دڵسۆزیش لە پاڵ بەردێکی گۆڕەپانی شەڕەکەدا هاوڕێکانی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە کاروانی سەروەران.

٣-شەهید ئەحمەد حارس:

کاکە ئەحمەدی قارەمان و نەمر لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی کانی هەنجیر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆزی کوردستان لەدایك بووەو گۆش کراوە. خۆیشی وەکو بنەماڵەکەی دڵسۆزی نەتەوەو نیشتمانەکەی بووەو لەوەتەی پێی کراوە هەتا دوا رۆژی ژیانی، لە کاروانی خەبات بەجێمانی بە پەشم زانیوەو هەرگیز درێغیی نەکردووە لە تێکۆشان و خەبات. لە ساڵی ١٩٧٨ بووە بە پێشمەرگە، لە ریزی شۆڕشە نوێکەمان و بە هۆی دڵسۆزی و

ئازایەتییەوە، كراوە بە ئامر مەفرەزە و هەمیشە جێگای بڕوای لێپرساوانی شۆڕش و هەرێمەكە بووە كە بەردەوام بۆ ئیشە تایبەتییەكان دەیانناردە سەركردایەتی و لە سەركردایەتیشەوە بەریدی هەرێم و رێكخستنی دەبردەوە بۆ قەرەداغ. لەگەڵ هاوڕێكانیدا، قارەمانانە جەنگیوەو بوو بە یەكێك لە پۆلە شەهیدەكەی شەڕی ١٠ی ئابی ١٩٨٠و گیانی نەمری گەیشتە كاروانی سەرفرازی.

٤-شەهید بەهادین عەلی سەعید:

لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی قازانقایە و لە بنەماڵەیەكی هەژار هاتۆتە دنیاوە. جوانەمەرگی شەهید هەرچەند كەم تەمەن بوو، بەڵام دەوروبەری دوو ساڵ دەبوو داوای هاتنە ریزی شۆڕش و بون بە پێشمەرگەی دەكرد. هەتا كوڕی ماڵەوە بوو، بەڕاستی كوڕانە خزمەتی پێشمەرگەی دەكردو ئیشی بۆ دەكردن. كاتێك جامی دان بەخۆداگرتنی پڕ بوو، لە ریزی شۆڕش وەرگیرا، بەڵام مەخابن كەمترین ماوە توانی چەكی شەرەف لە شان بكات و دوو هەفتەی نەبرد گیانی خۆی بەخشی و لە نزیك گوند بۆ خزم و كەسوكاری، خۆی فیدای گەل و وڵاتەكەی كرد.

٥-شەهید ئەسعەد حامید:

ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی دێوانەی سەر بە قەزای دەربەندیخان لە بنەماڵەیەكی جوتیاری هەژار لەدایك بووە. لاوێكی دڵسۆزی كوردو كوردستان بووەو ساڵی ١٩٧٩ هاتۆتە ریزی شۆڕشەوەو كراوە بە پێشمەرگە و هەتا كاتی شەهیدبونی لە ١٠ی ئاب رۆڵەیەكی بەوەفاو ئازا بووەو بە رژاندنی خوێنی خۆی دڵسۆزیی خۆی زیاتر سەلماندو گەیشتە كاروانی نەمران.

٦-شەهید هیوا نوری رەباتی:

ساڵی ١٩٦٠ لە سلێمانی لەدایك بووەو هەر لەوێ خوێندنی ئامادەیی تەواو كردووەو بێگومان هەر لەو شارە هەمیشە راپەڕیوەدا، كەڵكەڵەی بیری شۆڕشگێڕێتیی كەوتۆتە مێشك و رێبازی راستی تێكۆشانی هەڵبژاردووە، بەڵام بە داخەوە شەهید هیوا نەك هەر نەیتوانی لەگەڵ هەموان دەست بكاتە ملی هیوای چارەنوسی گەلەكەی، بەڵكو تەنها دوو هەفتە بوو چەكی بەربەرەكانێی فاشیستەكانی هەڵگرتبوو. لەو شەڕە قارەمانانەیەدا رەگەزپەرستەكان جوانەمەرگیان كردو بوو بە شەهیدی شۆڕشی گەلەكەی و ئەستێرەیەكی پرشنگداری رێڕەوی خەباتی.

ئەی رۆڵە نەبەزو دڵسۆزەكانی كوردستان

هاوڕێیان و دۆستانی كۆمەڵە

لەكاتێكدا ئەم شەڕە كراوە و ئەم پۆلە شەهیدە گیانی خۆیان خەڵات كردۆتە گەلەكەیان، لە هەمان رۆژدا پێشمەرگەكانی كەرتێكی جەنگاوەری تری هەرێمی ٥ی قەرەداغ، لە پەلاماردانێكی دوژمن و نەبەردێكی دلێرانەی تردا، زیانێكی گەورە بە دوژمنی رەگەزپەرست دەگەیەنن و هەڵدەكوتنە سەر یەكێ لە رەبیەكانی دوژمن بۆ دەستگرتن بەسەر تفاق و چەكەكانی. لە ئەنجامدا هاوڕێیان بەختیارو هیوا شەهید دەبن و لەگەڵ دەستە هاوڕێكانی تریان، پێكەوە خۆیان دەگەیەننە دونیای نەمریی شەهیدە گیان فیداكارەكان.

١-شەهید بەختیار (عوسمان حاجی كەریم):

ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی باخی سەرووی ناحیەی قەرەداغ روناكیی ژیانی دیوەو لە ناو بنەماڵەیەكی جوتیاردا گەورەو پەروەردە بووەو پێ گەییوە. توانیویەتی پۆلی شەشی سەرەتایی تەواو بكات. لە ساڵی ١٩٧٧ وە پەیوەندیی بە هاوڕێیانی كۆمەڵەمانەوە كردووەو دۆستێكی دڵسۆزی بیروباوەڕەكەی بووەو جاروبار ئیشی تایبەتی نهێنیی

کردووە. لە ساڵی ١٩٧٨ هاتۆتە ریزی شۆڕشەوە و نمونەی بەرزی خوو و رەوشت و ئازایەتیی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە و لە خەباتی رۆژانەی ناو خەڵك و شەڕەکاندا خۆی دەرخست و هەڵکەوت. بۆیە لە پاش ماوەیەکی کەم کرا بە ئامر مەفرەزە. بەردەوام لە پێشکەوتن و گەشەکردندا بوو لە روی سیاسی و فیکری و پێشمەرگەییەوە، تاکو کرا بە ئامر کەرتی قەرەداغ. لە چەندین نەبەردی قارەمانانەدا بەشداریی کردووەو تۆزقاڵە ترسێکی لە گوللەی فاشیستەکان نەبوە و لە ئازایەتیدا کەم وێنە بووە، تا لە هەڵمەتدا گیانی خۆی کردە مۆمی هەمیشە داگیرساوو لەکوژان نەهاتووی هاوڕێکانی و خۆی خەڵات کرد.

٢-شەهید هیوا محەمەد فەرەج فەتاح:

ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی باشبیی سەر بە ناوچەی چیای سەرکەشی بەمۆ هاتۆتە دنیاوەو لە بنەماڵەیەکی دەستکورت و هەژارو کوردپەروەر پەروەردەو گۆش کراوە. باوکی تێکۆشەرێکی کۆنی راپەڕینەکانی ئەو ناوچەیە بووە دژی رژێمی پاشایەتی و دەرەبەگە خوێنمژە چەوسێنەرەکان. شەهید لەبەر ئەوەی پەروەردەکراوی ئەو بنەماڵەیە بووە، زۆر دڵسۆزی شۆڕشە نوێکەمان و رێبازی رەنجدەران بووە.

لە ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگە و لە شەڕەکانی خەنجەرە، دەرەدوین، کەلارو دەربەندیخان زۆر ئازا بووەو بە هۆی ئازایەتی و دڵسۆزییەوە، کراوە بە ئامر مەفرەزە تا لە شەڕی ١٠ی ئابدا شان بە شانی بەختیاری هاوڕێی شەهید کراوەو هەردوکیان گیانی خۆیان بەخشیوە.

دوا بە دوای ئەو شەڕانە و خۆبەخت کردنی گۆران و دکتۆر عەلی جافەرانی و بەختیارو هاوڕێکانی، پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ چەندین نەبەردی سەرکەوتووانەی تریان بەرامبەر بە دوژمن کردو دەیان سەربازو جاشی دوژمنیان لە ناو بردووەو بۆ رژێمی رەگەزپەرستی خوێنمژیان سەلماندووە کە هێرش و پەلاماردانی دوژمن و زەبروزەنگی فاشیستییانە بە زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە وەڵام دەدرێتەوە.

پاش تنۆکە خوێنی رۆڵەیەکی گەلەکەمان، دەیان رەگەزپەرست دەکوژرێن و شەهیدانیش هاندەرو ورە بەرزکەری هاوڕێکانیان و گەنجینەی سەروەریی گەلەکەمانن.

هەزاران سڵاو لە بیرەوەریی چل رۆژەی شەهیدان گۆران، بەختیار، دکتۆر عەلی جافەرانی، ئەحمەد حارس، بەهادین، هیوا، ئەسعەد، هیوا محەمەد فەرەج و هەموو شەهیدانی گەلەکەمان.

مردن و سەرشۆڕی بۆ رەگەزپەرستان و نۆکەرانی ئیمپریالیزم. ئیتر بۆ پێشەوە رووەو وەدی هێنانی مافی چارەی خۆنوسینی گەلەکەمان.

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
(عیراق)
١٩٨٠/٩/٢٠

## حسێن حەسەن یوسف*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکدارو فەرمانەدەی کەرت. ناسراو بە حسێن دۆشکە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی

حەسەن موتریب لە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر.


ساڵی ١٩٦٨ لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بۆتە پێشمەرگە و لە هێزی سەفین خزمەتی کردووە. لەسەر چەکی دۆشکە کاری کردووەو هەر بەهۆی ئەمەشەوە نازناوی دۆشکەی بەسەردا دابڕاوە. هەرەس هێنانی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥ روداوێکی ئازاربەخش بووە لە ژیانیدا، بەڵام ورەی پێ بەرنەداوەو لە کوردایەتی بێ ئومێدی نەکردووە. لەو قۆناغەدا لە هەولێر پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٦ لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە و فەرماندەیی یەکێ لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی گرتە ئەستۆ.

دەزگا ئەمنییەکانی عیراق بۆ دروست کردنی فشار لەسەری بۆ وازهێنان لە پێشمەرگایەتی، باوکیان بۆ باشوری عیراق دورخستەوەو برایەك و مامێك و برازایەکیشیان زیندانی کرد.

ساڵی ١٩٧٧ پاش پێکهێنانی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، کرایە فەرماندەی کەرتی ٦ی هەرێمەکە. لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لەزۆربەی شەڕەکانی دەشتی هەولێردا کردووە لەوانە شەڕەکانی سناوە و حەسەن موتریب لەساڵی ١٩٧٧و شیوەشان لە ساڵی ١٩٧٨. لە شەڕی سناوەی چیای سەفین بەگوللەی ئارپیجی هەلیکۆپتەرێکی خست و لەشەڕی شیوەشانیش لەدەشتی کۆیە دوو گوللە ئارپیجیی گرتە دوو هەلیکۆپتەر، هەردوکیانی پێکاو ناچاری کردن لە پێدەشتەکە بنیشنەوە.

ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ دەرچونی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی پچڕا. پاش نزیکەی چوار مانگ، لە٣٠ی تەموزی ١٩٧٩دا لە شەڕێکدا لەگوندی شیوە پیرانی سنوری ناحیەی دێگەڵە، لەگەڵ ١٣ پێشمەرگەی حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان، پاش بەرگرییەکی قارەمانانە، شەهید کرا.

## حسێن حەمەد رەسول*



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی کەرت. ناسراو بە حسێن بەستەستێنی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی خرەجووی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر. لە تەمەنی شەش ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە. ماڵیان گواستۆتە بۆ گوندی بەستەستێنی سەروو و هەر لەمەشەوە نازناوەکەی بەدەست هێناوە. ئەم گوندە لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا کەوتبوە سەر رێی هاتوچۆی کادیران و پێشمەرگەو شوێنی پشودانیان بوو. ئەمەش ئەو دەرفەتەی بۆ پێك هێنا کە لە ساڵی ١٩٧٨دا لەرێگەی کادیرەکانەوە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بکات.

ساڵی ١٩٧٩ بووە پێشمەرگە لە هەرێمی پارێزگاری. ساڵی ١٩٨٣ کرایە فەرماندەی مەفرەزەو گواسترایەوە بۆ تیپی ٩٩ی بیتوێن. ساڵی ١٩٨٦ کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی هەمان تیپو لە ساڵی ١٩٨٧دا کرایە فەرماندەی کەرت و

گواسترایەوە بۆ تیپی ٨٣ی هەورێ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردوە لەوانە شەڕەکانی باویان، دۆڵی خەلەکان، بەنی هەریر، چیای دوتوێ، گردجان، سێکانیان، سەرمۆردو ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی وەك هێزی پشتیوان لە کوردستانی رۆژهەلات(١٩٨٢)و قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧)، سەرباری دوو جار بەشداری کردنی لە شەڕەکانی بناری چیای قەندیل، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٨٣دا لە دژی هێزەکانی بەرەی جودو جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٨دا لە دژی هێرشی هێزەکانی عیراق، جگە لە بەشداریی لەگرتنی شارۆچکەی بێتواتە (١٩٨٣)و شارۆچکەی تەقتەق (١٩٨٧). لەم هەموو شەڕو نەبەردەدا چوار جار بریندار بووە.

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پلەی جیا جیای لە سوپای یەکگرتوی کوردستان وەرگرتووە. دوایین پلەی جێگری فەرماندەی قۆڵی هیران بوو. لە شەڕی ناوخۆدا لەشەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆلەدا لە چیای سەفین شەهید بوو.

## حسێن شوانی



پێشمەرگەی دێرین و کادیر. ناوی تەواوی حسێن ئیسماعیل حسێن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی گوندی سیاوی ناوچەی هەولێر. ساڵی ١٩٥٩، کاتێك بۆ یەکەم جار خوێندنگە لەگوندەکەیان کراوەتەوە، خراوەتە بەر خوێندن و پاشان خوێندنی ناوەندیو ئامادەییو پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردوە.

ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٧١دا بەشداریی لە کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیاندا کردوە لە سلێمانی. ساڵی ١٩٧٤ لە کاتێکدا کە لە پۆلی دووەمی پەیمانگا بوو، وازی لە خوێندن هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو و لە ئۆردوگای ئاوارەکانی بەهرام لە شاری دزفول لە پارێزگای ئەهواز گیرسایەوە. سەرەتای ئایاری ئەو ساڵە وازی لە ژیانی ئاوارەیی هێناو لە ڕێگەی قەسری شیرین- خانەقینەوە گەڕایەوە بۆ عیراق و چۆوە سەر خوێندنی پێشوی لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر. هەر ئەو ساڵە خوێندنی تەواو کردو لەگوندی ئەرگوش لەناحیەی شێروان مەزن بە مامۆستا دامەزراو ساڵی ١٩٧٧ گوێزرایەوە بۆ گوندی دلۆپە لە نزیك شاری هەولێر.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. پاش سێ ساڵ کارکردن لە ناو ڕێکخستنە نهێنییەکاندا، لە ساڵی ١٩٨١دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. ساڵی ١٩٨٢ پاش پێکهێنانی کەرتی ڕێکخستنی چۆمان، گوێزرایەوە بۆ ئەم کەرتە. هەمان ساڵ بۆ کەرتی ڕێکخستنی شەقلاوە گوێزرایەوە و تا ساڵی ١٩٨٤ لەوێ کاری کرد. پاشان بۆ کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر گوێزرایەوە.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کرایە جێگری لێپرسراوی کۆمیتەی دوو. ساڵی ١٩٩٣ لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی رۆژئاوای شاری هەولێری پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٧، دوا بەدوای پێکهێنانی هێزی پاراستنی ئاشتی (P.M.F) بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە بۆ چاودێری کردنی ئاگربڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، کرایە جێگری لێپرسراوی لیژنەی P.M.Fی یەکێتیی نیشتمانی.

ساڵی ١٩٩٨ گوێزرایەوە بۆ بواری پەیوەندییەکان و لەم سەروبەندەدا کرایە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکان. لە ساڵی ١٩٩٩دا کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن.

ساڵی ٢٠٠٦ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ١٧ی ڕێکخستنی ڕۆژهەڵاتی گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر گەڕایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن و لە ساڵی ٢٠٠٨دا کرایە ئەندامی لیژنەی باڵای مەکتەبی ڕێکخستن.

## حسێن کەریم قادر



پێشمەرگەی دێرین و کادیری ڕاگەیاندن. ناسراو بە حەمە سەعید. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی بێکەس و ناوەندیی لە خوێندنگەی وەتەن و ئامادەیی لە بەشی کارەبای ئامادەیی پیشەسازی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٠ چووە ریزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. لە ساڵی ١٩٧٣ وەك تێبینەری هونەری لەکارگەی شەکری سلێمانی دامەزرا. ساڵی ١٩٧٥ لە کاتی شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس لە دژی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، لە مانگی تشرینی دووەمدا فەرمانی گرتنی دەرچوو، بەڵام توانی خۆی دەرباز بکاو نەگیرێ. بۆ ساڵی دواتر، لەگەڵ پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا لەگەڵ سێ هەڤاڵی تردا دەستەیەکی چەکداری پێك هێنا.

وەك لە شار نەخشەی بۆ دانرابوو، هەر کە بوو بە پێشمەرگە رووی کردە گوندی هەڵەدن لەدۆڵی جافەتی و ئەو تایپ و رۆنیۆیەی وەرگرت کە لە ماڵێك شاردرابوونەوەو بەهەوڵ و تەقەڵلای ئەو و یارمەتیی غەریب هەڵەدنی، بنکەیەکی نهێنیی چاپەمەنیی لەتەنگەی مادێنای حەسەن بەگ بەرامبەر بەگوندی هەڵەدن دامەزراند. شارەزایی ئەو لە بواری تایپ کردن و بەکارهێنانی رۆنیۆدا فاکتەرێکی یارمەتیدەر بوو بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی دەزگایەکی ساکاری راگەیاندن. هەر بەو تایپە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی چاپ کراو بەرۆنیۆکەش راکێشرا.

پاشان بنکەکە گوێزرایەوە بۆ گەورەدێ و لە ناو رەزەکاندا جێگەیەکی بۆ دابین کرا. لەئەیلولدا گوێزرایەوە بۆ گوندی زەرون و پاش ماوەیەك برایەوە بۆ گەورەدێ. لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر بڵاوکراوەی بە تیراژێکی زۆر چاپ کرد کە بەشێکی دەدرا بە هێزی پێشمەرگەو بەشێکی تری لەگوندی قەیوانەوە دەنێردرا بۆ سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٧ دوای ئەوەی کە زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگە بە سەرکردایەتیی عەلی عەسکەری و سالار عەزیز چوونە ناوچەی مەنگوڕایەتی، بنکەی چاپەمەنییەکە پێچرایەوەو گوێزرایەوە بۆ هەواری کانی کنێر لە توژەڵە و لەوێ بەلاغی عەسکەریی ژمارە ١ و ٢ چاپ کران.

هەر ئەو ساڵە، لەسەر داوای شاسوار جەلال (ئارام) کە رۆڵی سکرتێری کۆمیتەی هەرێمەکانی دەبینی، بنکەی چاپەمەنییەکە گوێزرایەوە بۆ بەری قەرەداغ و

لەگوندی گوڕباس دانرا. لەوێ دەستی بە تایپکردنی بابەتەکانی ژمارە یەکی رۆژنامەی «ئالای شۆڕش» کردو بە رۆنیۆ رایکێشا.

دواتر، بنکەی چاپەمەنییەکە بۆ گوندی تەنگیسەر گوێزرایەوە. نیاز وابوو لەوێ ژمارە دووی «ئالای شۆڕش» چاپ بکرێ، بەڵام شەهیدبوونی ئارام لە تەنگیسەر ئەم دەرفەتەی نەڕەخساندو تایپ و رۆنیۆکەش کەوتنە دەست دوژمنەوە.

دوا بەدوای ئەمە، پەیوەندیی بەهێزەکانی هەرێمی شارباژێڕەوە کرد کە نەوشیروان مستەفا فەرماندەیان بوو. پاش وازهێنانی نەوشیروان مستەفا لە فەرماندەیی هەرێمی شارباژێڕو گیرسانەوەی لە نۆکان، ئەویش لەوێ گیرسایەوەو لەوێ بە تایپێکی برازەرو رۆنیۆیەکی رێکس رۆتەر بنکەیەکی تری چاپەمەنیی دامەزراند. پاش بەرێ کەوتنی هێزەکان بەرەو ناوچەی برادۆست، بنکەی چاپەمەنییەکەی بردە قەندیل و لەوێ بڵاوکراوەکانی ئەو کاتەی شۆڕشی چاپ کرد، لەوانە «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق». پاشان بنکەی چاپەمەنییەکەی بۆ زەڵێ و دواتر بۆ توژەڵە گواستەوەو تا تەموزی ١٩٨٠ بەردەوام بوو لەسەر چاپکردنی بڵاوکراوەکان.

لە ٩ی تەموزدا هەشت فڕۆکەی جەنگیی عیراق سێ جار بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتییان لە توژەڵە بۆردومان کرد. لەو بۆردومانەدا بەخەستی بریندار بوو. دواتر، بۆ چارەسەر، لە رێی ئێرانەوە رەوانەی فەرەنسا کراو پێنج مانگ لەوێ مایەوە. پاش تەواوبوونی پێداویستییەکانی چارەسەر، گەڕایەوە بۆ ناو شۆڕش.

ساڵی ١٩٨٢ بووە ئەندامی لقی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٨٤ کرایە لێپرسراوی چاپخانەی جەعفەر عەبدلواحید لە ناوچەی مەرگەو بۆ ساڵی دواتر کرایە لێپرسراوی دارایی مەڵبەندی یەك.

ساڵی ١٩٨٧ بووە ئەندامی دەزگای پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئێران و لە ماوەی هاوکاریی عەسکەریی نێوان ئێران و یەکێتیدا لێپرسراوەتیی کاروباری لۆجستیکیی یەکێتیی لە ئێران گرتە ئەستۆ.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کرایە لێپرسراوی ئیداریی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەڵاچوالان. ماوەیەکیش کرایە پشکنەری گومرگ لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتیی یەکێتی.

ساڵی ١٩٩٨ وەك لێپرسراوی گەنجینەو کۆگاکان گوێزرایەوە بۆ فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەو لە ساڵی ٢٠٠٤دا ئەرکی کارگێڕی فەرماندەیی گشتیی پێ سپێردرا و پلەی لیوای پێ درا.

## حسێن مەجید حامد*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و فەرماندەی کەرت. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ی دامێنی چیای باڵانبۆ لە ناوچەی هەڵەبجە. تا پۆلی سێیەمی ناوەندی لە شاری هەڵەبجە خوێندویەتی. ساڵی ١٩٧٣ بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بوو بەڵام هەر ئەو ساڵە ئێرانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە.

هەمان ساڵ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردو ئارەزوی بەشدارکردنیشی تێدا دەربڕی. ساڵی ١٩٧٦ بەڵێنەکەی

بردە سەر و لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی هەورامان و شارەزور ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردەوە.

ساڵی ١٩٧٨ لە چوارچێوەی «ئۆپەراسیۆنی هەکاری»دا لەگەڵ هێزێکی گەورەی پێشمەرگەدا بەرەو ناوچەکانی سەر سنوری عیراق- تورکیا بەڕێ کەوت بە مەبەستی وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە لە بەرنامەدا بوو لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پیشمەرگە. بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە سەری نەگرت و کارەساتێکی گەورەی لێ کەوتەوە کە لەئەدەبیاتی یەکێتیدا بە «کارەساتی هەکاری» ناوی دەرکردووە. لەم ئۆپەراسیۆنەدا هێزەکە لەتوپەت بوو و ئامانجەکانی بەدەست نەهێنا.

حسێن و دوو هاوڕێی لە کارەساتەکە دەربازیان بوو. بە نەشارەزایی گەیشتنە دەوروبەری شارۆچکەی گەڤەر لە ناوچەی هەکاری و لەوێ بەیارمەتیی چەند هاووڵاتییەك خۆیان گەیاندە شاری قامیشلو لە سوریا.

نزیکەی حەوت مانگ لە بارەگای یەکێتی لە قامیشلو مایەوەو دواتر لەگەڵ دە پێشمەرگەدا کە زۆربەیان بۆ چارەسەر چوو بونە سوریا، بەناو خاکی تورکیاو ئێراندا ڕێگایەکی سەخت و دورو درێژو مەترسیداریان بڕی تا گەیشتنە ناوچەی سەرکردایەتیی یەکێتی. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە شەڕی شێنێ کە ٩ ڕۆژی خایاندو لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ بەڕێوە چوو. بەپێی نەخشەی شەڕەکە، جەنراڵ وەلید مەحمود سیرت رابەرایەتیی هێزەکانی عیراقی دەکردو دەیویست دەست بەسەر ناوچەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا بگرێ. بەڵام هێرشەکە سەری نەگرت و هێزەکانی عیراق ژمارەیەکی زۆر کوژراوو برینداریان لێ کەوت.

پاش شەڕەکە گەڕایەوە بۆ سنوری هەرێمی یەکی هەورامان کە محەمەد حاجی مەحمود فەرماندەی بوو. لەوێ کرایە فەرماندەی کەرت. لە ماوەی ئەو ساڵەی کە لەوێ فەرماندەی کەرت بوو، ڕۆڵێکی دیاری لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا گێڕا. لە٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا لە بۆسەیەکی جاشەکاندا لەگوندی هاوار شەهید بوو، هاوڕێیەکیشی بە ناوی عەلی دەڵێنی لەو بۆسەیە بە برینداری بە دیل گیراو دواتر لە بەندیخانەی موسڵ لەسێدارە درا.


## حسێن مەولود ئەحمەد*



پێشمەرگە و شاعیر. ناسراو بە مەلا عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی بەردبەردی ناحیەی ماوەتی سەر بەقەزای شارباژێر لە پارێزگای سلێمانی. لە منداڵییەوە هەستی بە چەوسانەوەی چینایەتیو ململانێی نێوان دەرەبەگو جوتیار کردوەو ئەمەش دواتر کاری کردۆتە سەر شێوەی بیرکردنەوەیو زۆرتر لە هەڵوێستە سیاسییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ساڵی ١٩٥٨ دوا بەدوای تاوسەندنی زوڵمی چینایەتی، خێزانەکەی ناچار بوو بەرد بەرد بەجێ بێڵێو لەگوندی کۆکەی ناوچەی سورداش نیشتەجێ بێ.

گوندی کۆکە خوێندنگەی لێ نەبوو، بۆیە کاتێك لە ساڵی ١٩٥٩دا مەسەلەی خستنە بەر خوێندن هاتە پێش، خێزانەکەی ناچار بوو، بینێرێتە خوێندنگەی گوندی چەرمەگا کە چەند کیلۆمەترێك لەگوندی کۆکەوە دور بوو.

ساڵی ١٩٦٣ بە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی عیراق بەشێکی زۆری گوندەکانی ناوچەکەیان سوتاند، لەوانە گوندی کۆکە، قۆناغەکانی تری خوێندنی سەرەتایی




له سەرچنار و ماوەت تەواو کرد. روداوەکانی ئەو سەردەمەی شۆڕشی کوردو توندتیژیی هێزەکانی عیراق بەرامبەر بەهاوولاتییانی کورد، ئاسەوارێکی قوڵیان لەسەر گیانی نیشتمانپەروەریی بەجێ هێشت.

ساڵی ١٩٦٦ لە خوێندنگەی ناوەندیی وەتەن لە سلێمانی درێژەی بەخوێندن داو هەر لەو ساڵەشدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کرد. بەڵام بە هۆی بێدەرامەتیی خێزانەکەیو ئاڵۆزیی ئەو سەردەمەوە، قۆناغی ناوەندیی بە پێنج ساڵ بڕی.

ساڵی ١٩٧١ خوێندنی ئامادەیی دەست پێکرد و هەر لەو ساڵەشدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستانەوە کرد. هاوینی ساڵی ١٩٧٤ بەپێی پلانی ڕێکخستن رەوانەی ناوچەی سورداش کرا بەو مەبەستەی کەپەرە بە تەونی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە بدا لەو ناوچەیە. پایزی هەمان ساڵ گەڕایەوە بۆ سلێمانی، کەوتەوە خوێندن و بۆ ساڵی پاشتر خوێندنی پۆلی شەشەمی ئامادەیی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٧٥ لە بەشی کوردیی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی وەرگیراو لەدووەم ساڵی خوێندندا فەرمانی گرتنی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ دەرچوو. لە ١١ی ئایاری ساڵی ١٩٧٧دا روی کردە شاخ و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

لە پێشمەرگایەتیدا وەك کادیرێکی سیاسی هەڵسوڕانی کرد. هاوینی ساڵی ١٩٧٨ دوا بەدوای شکستی ئۆپەراسیۆنی هەکاری، ماوەیەك لە چیای قەندیل لە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوەو هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە خولی پێگەیاندنی کادیراندا کرد، دواتر کرا بە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە ناوچەی ژیلوانی سنوری قەزای دوکان.

لە٣٠ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩، کاتێك بە ئیشوکاری ڕێکخستن لەگوندی کرژەی سنوری ناوچەی سورداش بوو، خۆیو عوسمان عەبدولرەحمان عەسکەریی ناسراو بە دکتۆر مارف، لە لایەن هێزێکی سوپاوە ئابڵوقە دران و پاش بەرگرییەکی سەخت و برینداربونی هەردوکیان، کەوتنە دەستی دوژمن.

سەرەڕای ئەشکەنجەدانی سەخت، دانی بە خۆیدا گرت و هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنەکانی ئاشکرا نەکرد. لە٦ی حوزەیراندا فەرمانی خنکاندنی درا. لە ماوەی نێوان دەرچونی فەرمانی لەسێدارەدانیو جێبەجێ کردنی فەرمانەکەدا کە نزیکەی مانگو نیوێکی خایاندووە، لە ژوری خنکاندندا چەندین نامەو هۆنراوەی بەرەنگاریی لەسەر سیمی ناو پاکەتی جگەرە نوسیوەو لە ڕێی کەسوکارەکانییەوە کە لەو ماوەیەدا سەردانیان کردووە، ناردویەتییە دەرەوە، دواتر، پاش دوو ساڵو نیو، هۆنراوەکان لە دوتوێی دیوانێکدا لە لایەن یەکێتیی نوسەرانی کوردستانەوە چاپ کران. هۆنراوەکان گوزارشت لە گیانی خۆڕاگریو بەرگری دەکەن و هەر هەموی لە کاتی چاوەڕوانیی مەرگدا نوسراون.

شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی تەموزی ١٩٧٩ لەگەڵ هەر یەك لە عەلی عالی حسێن و ئەڵوەند عومەر حسێن لە بەندیخانەی موسل لەسێدارە درا.

دیارترین بەرهەمەکانی، دیوانەکەیەتی کە ساڵی ١٩٨٢ لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە دوتوێی ٥٢ لاپەڕەو بە قەبارەی نیو فولسکاب چاپ کراوە و جارێکی تر لە ساڵی ٢٠١٨ بە ناونیشانی «یادی قەندیل» چاپ کراوەتەوە. لە١٦ی ئابدا ڕێ و ڕەسمێك بۆ ناساندن و دابەش کردنی چاپی دووەمی دیوانەکەی لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سورەکەی سلێمانی بە ئامادەبونی نوسەران و هونەرمەندان و بنەماڵەی شەهید، بەڕێوە چوو. لە ڕێ و ڕەسمەکەدا هەر یەك لە قادر حەمە جان ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و خەلیل عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی رۆشنبیری وتاریان پێشکەش کردو عەبدولکەریم مەولود وتاری بنەماڵەی خوێندەوە. دیوانەکە ئەو هۆنراوانەی لە خۆ گرتووە کە لە ژوری لەسێدارەدان نوسیویەتی.

## حوجران (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی کەرتی ٨٢ و هێزێکی سوپای عیراق لە گوندی حوجران لە نێوان شەقڵاوەو کۆڕێ لە ١٣ی ئابی ١٩٧٨. لە ئاکامدا ٤ سەرباز کوژران و زریپۆشێك لە کار خرا. سوپای عیراق لە تۆڵەی زیانەکانی گوندی حوجرانی بۆردومان کردو لە ئاکامدا هاووڵاتییەکی سیڤیل کوژرا.

## حەساری وەلی پاشا (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عیراق لەگوندی حەساری وەلی پاشا لە نزیك کەرکوك لە ٩ی ئازاری ١٩٨١. لەم شەڕەدا پێشمەرگەکانی کەرتی ١ی هەرێمی ٢ لە هێزێکی سوپایان دا، دوو زیلیان تێکشکاند، پێنج سەربازیان کوشت و ژمارەیەکی تریشیان بریندار کرد.

هێزێکی تری سوپا بە هانای هێزە گیرخواردووەکە هات، پێشمەرگەکان لەوێش هاتنە دەست و گوللەبارانیان کرد. هێزی پێشمەرگە بێ زیان بوو.

## حەسەن ئەنوەر حەسەن مەخموری*



پێشمەرگە و کادیری ڕێکخستن و فەرماندەی کەرت. ناوی تەواوی حەسەن ئەنوەر حەسەن زەینەددین. ناسراو بە مامۆستا کاوە مەخموری. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی شاری مەخمور. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە مەخمور تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٦٦ چۆتە هەولێر بۆ خوێندن لە خانەی مامۆستایان.

مێژوی بەشداریی لە ژیانی گشتیدا بۆ ساڵی ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە، کاتێك بووەتە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەڵام بەشداریی ڕاستەقینەی بۆ ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك لە ڕێی عەلی هەژارەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ دوا بە دوای هەرەس هێنانی ماوەی ئاشتی و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لەوێ مایەوە. پاش ئەوەی کە

ئێرانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ کوردستان، دەم و دەست بۆ باشوری عیراق دور خرایەوەو ساڵێکی لەوێ بەسەر برد. دوای ئەوەی کە ڕێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لە گوندی وەڵزێی ناوچەی باڵەکایەتی بە مامۆستا دامەزرا.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. کاتێك وەك مامۆستا بۆ ئۆردوگای بەستۆرە گوێزرایەوە، لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی شانەیەکی پێ سپێردرا کە چەند کادیرێکی بەتواناى لە خۆ گرتبوو لەوانە بەکر مستەفا سەعید و سەیفەددین عەلی ئەحمەد عەلی.

ساڵی ١٩٧٩ پاش ئاشکرابونی چەند شانەیەکی ڕێکخستنە نهێنییەکانی هەولێر، خۆی و عەزیز خدر باوەکر ناسراو بە مەلا غەفور هەولێریان بەجێ هێشت، پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەهەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتییان دەست پێ کرد.

هەر ئەو ساڵە چوو بۆ ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی و لە ناوزەنگ بەشداریی لەخولی کادیرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا کردو پلەی یەکەمی بەدەست هێنا. بە بۆنەی ئەوەوە کە یەکەمی خولەکە بووە، تاڵەبانی کلاشنکۆفێکی خەڵات کرد. ساڵی دواتر کرایە ڕابەری سیاسیی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، هاوکات لە ناو هێزی پێشمەرگەش فەرماندەی کەرتێکی هەرێمەکە بوو.

لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٠دا لە شەڕێکدا بە فەرماندەیی سەید کەریم هاودیانی لە گوندی قەڵاسنجی سەروو لە بناری چیای سەفین لەگەڵ هاوڕییەکی شەهید بوو.

بابەتی پەیوەندیدار:
*قەڵاسنج (شەڕ).

# حەسەن حەمە بەگ



پێشمەرگەی دێرین و کادیری ڕێکخستن. ناوی تەواوی حەسەن محەمەد عەبدولڕەحمان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی موغاغی ناحیەی سورداش. خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە.

تا ساڵی ١٩٧٥ ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ زۆر کاری تێ کرد، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٦دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٨٥دا بووە پێشمەرگەو لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان کە سەرهەنگ ئیسماعیل بەگ بەرپرسی بوو، کاری کرد.

پاش ساڵێك بۆ دەزگای پێشمەرگایەتی گوێزرایەوە کە بارەگاکەی لەگوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی بوو. لە ساڵی ١٩٨٧دا بۆ بەشی ڕێکخستنی تیپی ٢٣ی سورداش گوێزرایەوەو لە بەشی ڕێکخستنی جەماوەری سنوری تیپەکە کاری کرد.

ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی ئەنفالەکاندا کردو لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی تایبەت ڕۆڵێکی کارای لە شەڕی کەڵەشێرەدا گێڕا.

پاش شاڵاوی ئەنفالەکان و بەپێی بەرنامەیەك کە بۆ ئەو قۆناغە دانرابوو، پێی ڕاسپێردرا بەهاوکاریی ڕێکخراوی سلێمانی بنکەیەکی نهێنی لە شارۆچکەی باینجان دابنێ و ئەرکی دابین کردنی پێداویستییەکانی مەفرەزە پارتیزانەکانی چەمی ڕەزان بگرێتە ئەستۆ. یەکێ لە ئەرکە سەختەکان چارەسەرکردنی پێشمەرگە

پارتیزانە نەخۆش و بریندارەکان بوو لە ناو شار.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ بەپێی بەرنامەی دانراو، لە سنوری هەڵسوڕانەکەیدا رۆڵێکی کارای لە دروست کردنی رێکخستنێکی چەکداردا بە ناوی سوپای رزگاریی کوردستان (سرك)نواند کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لەو پێشمەرگانەی کە پاش شاڵاوی ئەنفالەکان بەناچاری وازیان لەپێشمەرگایەتی هێنابوو، رێك خرانەوە و بۆ کاتی پێویست ئامادە کران. لەم سەروبەندەدا رۆڵێکی دیاری لە دروست کردنی تیپێك بە ناوی تیپی ٢٣ی سورداش نواند و چەند مەفرەزەیەکی لە سنوری هەڵسوڕانی خۆی پێکهێنا لەوانە مەفرەزەیەك لە تەکیە بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ چیا، یەکێکی تر لە چەمچەماڵ بە سەرپەرشتیی کۆسرەت ئاغجەلەری، دانەیەکی تر لە پیرەمەگرون بە سەرپەرشتیی بەکر خردەلوکیو دانەیەکیش لە بازیان.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ دەزگا ئەمنییەکان هەندێ لە ئەندامانی رێکخستنەکانیان لە سلێمانی ئاشکرا کردو لەکانونی یەکەمدا بنکەکەی باینجانیشیان دۆزییەوەو بەهێزێکی گەورەوە هەڵیان کوتایە سەری، بەڵام ئەو خۆی بۆ دۆخێکی وا ئامادە کردبوو، بۆیە پێش هەڵکوتانەکە بنکەکەی بەجێ هێشتبوو و شوێنی یەدەکی بۆ کارکردن ساز کردبوو.


لە راپەڕینی ١٩٩١دا مەفرەزە چەکدارەکانی سلێمانیی خستە گەڕو پەلاماری چەند بنکەیەکی چەکداری شاری داو دەستی بەسەردا گرتن.

دوای راپەڕین کرایە یەکەم بەرپرسی کۆمیتەی رێکخستنی بازیان. ساڵی ١٩٩٣ وازی لە کاروباری رێکخستن هێناو لەلیوای تایبەت لێپرسراوەتیی بەشی هەواڵگریی فەوجی دووی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٤، لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆدا، لە سەید سادق بە سەختی بریندار کرا. ساڵی ١٩٩٥ کرایە لێپرسراوی بەشی هەواڵگریی لەشکری ٧ی دوکان.

لە کۆتایی ساڵی١٩٩٦دا کرایە بەرپرسی پشکنینی فەرماندەیی ٥ی دوکان و پاشان کرایە لێپرسراوی دادگای هەمان فەرماندەیی. ساڵی ٢٠٠٢ لە کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان بەشداری لە خولی شەشەمدا کردو دوای تەواوکردنی خولەکە لێپرسراوەتیی کارگێڕیی فەرماندەیی پیرەمەگرونی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٣ گوێزرایەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆو لێپرسراوەتیی پۆلیسی کارەبای بنکەی سلێمانیی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠١١ بۆ لیوای نەوت و گازی سلێمانی گوێزرایەوەو هەر ئەو ساڵە بە پلەی عەمید لەسەر لیستی کەمئەندامانی سەنگەر خانەنشین کرا.

## حەسەن خۆشناو*



فەرماندە و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. ناوی تەواوی حەسەن ئەبوبەکر مەولود. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی زیارەتی دامێنی چیای سەفین لە پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لە زیارەت و ناوەندی و دواناوەندیی لە هەولێر تەواوکردووە. ساڵی ١٩٦٧ لە کۆلیجی سەربازیی بەغدا وەرگیراوەو ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی لەو کۆلیجە تەواو کردووە.

مێژووی پەیوەندی کردنی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دیار نیە. بەڵام ئەم پەیوەندییە بۆتە هۆی دورخستنەوەی لە سوپا، چونکە پاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٢دا دەرکەوت پەیوەندیی

نهێنیی بە ڕێکخستنەکانی پارتییەوە هەیە، حکومەت گومانی لێ پەیدا کردو چیتر نەیهێشت لە ڕیزی سوپا بمێنێتەوە. ئەویش هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەرەس هێنانی وتوویژو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، لە ناوچەی پشدەر فەرماندەیی بەتالیۆنی ٣ی هێزی کاوەی پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە شەڕەکانی ئاسۆس و کێوەڕەش و سەفیندا کردووە.

ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، هانای بۆ ئێران بردو تێیدا نیشتەجێ بوو. هاوینی ساڵی ١٩٧٦، دوا بە دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەوڵدانی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێکانی چوو بۆ سوریا و لەوێ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە ئامادەکردن و مەشق پێ کردنی یەکەی چەکداری پێشمەرگە بۆ بەگەڕخستنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان و لەم رووەوە زۆربەی چالاکییەکانی لە دێرك و قامشلۆ بەڕێوە بردووە.

لە تشرینی دووەمی ١٩٧٦دا یەکەم ئەرکی لە کوردستانی باکور پێ سپێردرا، ئەویش پەیوەندیی کردن بوو بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەی گۆیی کە زۆربەیان کۆنە پێشمەرگە بون و چەکداریش کرا بون. مەبەست لە پەیوەندی کردنەکە دروست کردنی هەماهەنگی بوو لەگەڵیان بۆ دابین کردنی ڕێگایەکی پارێزراو بەرەو بادینان. ساڵی ١٩٧٧ بەشدار بوو لە وەرگرتنی بڕێك چەك کە لە قامشلۆوە گەیەنرابووە شوێنێك لە نێوان وان و گەڤەڕ لە کوردستانی باکورو گەیاندییە بنکەکەی برادۆست. بڕی چەکەکە شەست کلاشنکۆف بوو.

لە ئۆپەراسیۆنێکی دیکەدا و لە هەمان ماوەدا، توانی بە هەمان ڕێوشوێن بڕێکی تری چەك بۆ برادۆست بگوێزێتەوە. لە تشرینی یەکەمدا بڕێکی دیکەی چەك کە ئەمجارە دە دۆشکاو داوودەرمانی تێدا بوو، گەیشتە هەمان شوێن. خۆشناو راسپێردرا دەستەیەك پێشمەرگە لەگەڵ خۆیدا بباو بچێ بیهێنێ. لە١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧دا لە گەڕانەوەدا دەستەکە کەوتە بۆسەیەکەوە کە ئەندامی سەکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان جەوهەر نامیق رەمەزان سەرپەرشتیی دەکرد. لە ئەنجامدا خۆشناو و شەش پێشمەرگە بە ناوی خدر ئەحمەد چوکەلان (قەڵادزێ)، کەمال محەمەد حسێن (ماوەت)، عەلی کوێخا هۆمەر (باوزێ لە پشدەر)، نەجات نورەددین ناسراو بە چالاك (دوزخورماتوو لە پارێزگای کەرکوك)، باهیر ئەحمەد (میرەدێ)، عەبدولمەلیك بەرزنجی ناسراو بە سەرهەنگ و سێ کادیری پارتی سۆسیالیستی کوردی سوریا بە ناوی عەزیز چەرکەس، خالید و حسێن شەهید بون و چەند پێشمەرگەکیش لەوانە رەسول رەشید سەعید ناسراو بە رەسول کاکەڕەش (کانی توو لە مەرگە)و عوسمان بچکۆل (پشتاشان)و رەسول عەبدوڵڵا موسا (کەسکان) بە بریندارى بە دیل گیران و دواتر ئازاد کران. لەو کاتەدا سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان وازی لە پابەندبون بەو ڕێککەوتنە هێنابوو کە تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بە ناوبژیوانیی باقر یاسین ئەندامی سەرکردایەتیی عیراقی حزبی بەعس لە یەکی ئازاری ١٩٧٧ لە دیمەشق واژۆیان کردبوو. سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دابوو رێ لە هەر مەفرەزەیەکی یەکێتی بگرێ کە لە سوریاوە بە بادیناندا دەگەڕێتەوە یان چەك بۆ یەکێتی دەگوێزێتەوەو لەم سەروبەندەدا بەرنامەی بۆ پاکتاوکردنی تەواوی هێزەکانی یەکێتیی لە بادینان دانابوو.

لە ١٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٧٧ دا لیژنەی ڕاگەیاندنی دەرەوە بەیاننامەیەکی توندی بە زمانی عەرەبی دەرکرد، تێیدا سەرزەنشتی تاوانەکەی کرد و وای لێکدایەوە کە ئامانجی تاوانەکە لەباربردنی ئەو بزوتنەوە چەکدارەیە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ دا هەڵیگیرساندووە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە «لە کوردستانی عیراقدا شۆڕشی دیموکراتیی عیراق کە لەم قۆناغەدا لە کوردستان هەڵایساوە، بۆتە خاڵێکی گڕگرتوو کە هەڕەشە لە ڕژێمی بیرۆکراتی داپڵۆسێنەری عیراق دەکات و مایەی مەترسییەکی راستەقینەشە لەسەر هەردوو ڕژێمە کۆنەپەرستەکەی ئێران و تورکیا کە لە ناوچەکەدا کۆڵەکەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا پێکدێنن». بەیاننامەکە، پشت بەست بە شیکردنەوەی چینایەتی، تێڕوانینی خۆی نمایش کرد و وای بۆ چوو کە «ئیمپریالیستەکان و نوێنەرانی چینە کۆنەپەرستەکان هەر لە یەکەم رۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا نۆکەرە دڵسۆزەکانی خۆیان لە ناوچەکە خستە کار، چونکە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەڵامێکی شۆڕشگێڕانەو کارایە بۆ هەرەس و بەڵگەیەکیشە لەسەر ئەوەی کە تەنها سەرکردایەتیی خێڵەکیی کۆنەپەرستی بەزیوی کورد بەرپرسە لەو کارەساتە نیشتمانییەی کە (لە ساڵی ١٩٧٥) بەسەر گەلەکەماندا هاتووە».

بەیاننامەکە وای داناوە کە «یەکڕیزیی نیشتمانی لەسەر ئاستی کورد و عیراق و هاوکاری و هاوپەیمانیی زیاتری نێوان بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان و گرتنە بەری ئەو ڕێبازە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەی کە پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گوزارشتی لێ کردووە و کۆبونەوەی یەکەمی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە سەرەتای مانگی ئەیلولی رابردووی کوردستانی عیراق پەسندی کردووە» لەبارترین وەڵامی «شۆڕشگێڕانە» یە بۆ «فڕتوفێڵەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی». بەیاننامەکە لە کۆتا بڕگەکانیدا داوای لە هەموو گروپە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و عیراق و عەرەب و جیهان کردووە تاوانی شەهیدکردنی حەسەن خۆشناوو هاوڕێکانی ریسوا بکەن و داوای بەردانی دیلەکان بکەن.

بابەتی پەیوەندیدار:

*دیمەشق (ڕێککەوتننامەی سێقۆلیی مەیدانی).

## حەسەن کوێستانی*



پێشمەرگە و کادیری ڕێکخستن و فەرماندە و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی شارۆچکەی گەڵاڵە لە پارێزگای هەولێر. تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە.

ژیانی سیاسی لە ساڵی ١٩٧٢ دەست پێدەکا، کاتێك لە مانگی تشرینی دووەمدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٧ دەزگا ئەمنییەکان گورزێکی گورچکبڕیان لە ڕێکخستنەکانی هەولێر وەشاندو لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆری ئەندامان گیران و ئەوانەش کە دەستگیر نەکران، خۆیان لەبەر چاوان ون کرد یان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە



کرد لەوانە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی هەولێرو سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی ناو هەولێر شاخەوان عەباس کە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شڵەژانی ڕەوشی ڕێکخستنەکان، کۆمیتەی ڕاپەڕین دامەزراو لێپرسراوەتییەکەی بە کوێستانی سپێردرا. ئەم کۆمیتەیە گڕو تینێکی زۆری بە ڕێکخستنەکان بەخشی و لە ڕەواندزو چۆمانیش چالاکیی ڕێکخراوەیی نواند.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بووە لێپرسراوی کۆمیتەی ئازادی. ساڵی پاشتر بووە ڕابەری سیاسیی هەرێمی ٧ی باڵەك. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨١کرایە فەرماندەی هەرێمی ١٢ی سۆران و پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکە و پێکهێنانی تیپی ١٢ی سۆران، کرایە یەکەم فەرماندەی تیپە تازەکە، ساڵی ١٩٨٣ بووە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی ٣.

ساڵی ١٩٨٤ لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو دوای کۆنفرەنسەکە کرایە ئەندامی دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٥ بووە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و دواتریش لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٣ی پێ سپێردرا.

لە مانگی ئابی ١٩٨٨دا بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ ڕابەرایەتیی مەفرەزە پارتیزانەکانی کرد لە ناوچە سوتماک کراوەکان. مانگی تشرینی یەکەم کرایەوە بە لێپرسراوی مەڵبەندی ٣.

لە مانگی ئەیلولی ١٩٩٠ بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ڕۆڵێکی بەرچاوی لەڕزگارکردنی شەقڵاوەو پیرمام و ئۆردوگاکانی دەوروبەری هەولێرو شاری هەولێردا گێڕا. لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق دوای ڕاپەڕین، ڕۆڵێکی دیاری نواند، بەتایبەتی لە هەردوو

شەڕە گەورەکەی نیسانی ساڵی ١٩٩١ی کۆڕێ.
ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینانی گرتە ئەستۆ. لەوێ پەرەی بەچالاکیی ڕێکخراوەیی و جەماوەری داو وەك خاوەنی ئیمتیاز بەشدار بوو لە سەرخستنی پڕۆژەی گۆڤاری «سەرهلدان» کە یەکێ لە چاکترین گۆڤارە رۆشنبیرییەکانی دەڤەری بادینان بووەو ژمارەی یەکەمی لە شوباتی ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە.
لە ١٧ی ئایاری ١٩٩٤دا، لە مانگی یەکەمی شەڕی ناوخۆدا، لە بۆسەیەکدا خۆی و شەش پێشمەرگە بە ناوی یوسف برایم گەلالی و خدر رەسوڵ مینە و محەمەد عەلی مستەفا و خدر حەمەد ئەمین خدر و مینە ئەحمەد ئیسماعیل و مەحمود ئەحمەد عەبدوڵلا شەهیدکران.
بابەتی پەیوەندیدار:
* کۆڕێ (شەڕ).

## پاشکۆی ژمارە ١
## حەسەن کوێستانی رۆڵەی رۆژانی تەنگانە
## (وتار)
## نوسینی: جەلال تاڵەبانی

دوای کارەساتی هەکاری، لە دۆڵەنێوە بەناچاری بەرەو دۆڵی خیلاپ بەرێ کەوتین تا رزگار بین لە بۆردومانی رۆژانەی هەلیکۆپتەرەکانی شا، هەمومان ٤٤ پێشمەرگە مابوینەوە، نیوەمان بێ چەك بوین. زۆریش بێ پارە بوین. دەستمان نەدەگەیشتە شارەکانیش، واتە لە تەنگانەدا بوین. بەڵام کە لە دۆڵی خیلاپ گواستمانەوە بۆ دۆڵی سەر شێخان، توانیمان پەیوەندیی بە ڕێکخستنی کۆمەڵەوە بکەین کە لێپرسراوەکەی شەهیدی نەمر حەسەن کوێستانی بوو. ئەویش دلێرانە فریامان کەوت، هەم خواردن و کەلوپەل و هەم پارەشی بۆ دابین کردین، هەم زۆریش دڵی بە گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی ناوچەکە خۆش کردین کە سەدان تێکۆشەری ئازاو بەجەرگی لە خۆ کۆکردبۆوە. ئەوە یەکەمین جار بوو ناوی شەهید حەسەن و کرداریم دەبیست. هەر لەو ساوە بۆم دەرکەوت کە رۆڵەی رۆژی تەنگانەیە.
پاشان ئەوە بوو هاتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی. لەم بوارەدا هەر رۆڵەیەکی قارەمان و خۆڕاگرو بێباك بوو لە زەحمەتییەکان و گێچەڵ و گیروگرفتەکانی شۆڕش. ئەمە جگە لەوەی کە رۆڵەیەکی ژیرو هۆشیاریش بوو. هەر بۆیە زوو پێش کەوت و لەژێڵلا هێنای هەتا گەیشتە پلەی سەرکردەیی لە پێشمەرگایەتی و حزبایەتیدا. سەرەڕای ئازایەتی و هۆشیاریی شەهیدی نەمر، خەباتگێڕێکی روخۆش و قسەخۆش و گونجاو بوو لەگەڵ پێشمەرگە جیاجیاکان، زمانی کۆمەڵانی خەڵکیشی دەزانی، بۆیە کە دەچووە ناویان خێرا جێگەی خۆی و ئەرکەکانی لە ناویاندا دەکردەوە. هەر بە ڕاستی تێکۆشەرێکی جەماهیری و خاکیو گونجاوو لێزان بوو.
سەد مەخابن لە شەڕی گڵاوی ناوخۆدا لە هەوڵێکیدا بۆ دامرکاندنەوەو کوژاندنەوەی شەڕو پێکدادان شەهید کرا، لە وەختێکدا کە لە هەوڵی چەسپاندنی هودنەو راگرتنی شەڕی براکوژە بوو. بەڵام شەهیدی سەرکردە حەسەن کوێستانی لە مێژوی گەلەکەمان و شۆڕشەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەمیشە دەدرەوشێتەوە.
سەرچاوە: ئەلبومی «بەرزەفڕەکەی کوێستانان»، ئامادەکردنی چیا هاوار دەرگەڵەیی، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣.

## پاشكۆی ژماره ٢
## له یادی ٢٣ ساڵەی شەهیدبونی حەسەن كوێستانیدا
## (وتار)
## نوسینی: ئاوات كۆكەیی

خەباتی حەسەن كوێستانی و بنەماڵەكەی له دژی داگیركەرانی كوردستان، قوربانیدان و ماندوبون و دەردەسەرییەكانی ئەوان له دیرۆكی دورو درێژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كوردستاندا دەگمەن و نمونەییەو له هەناوی هەر ویژدان زیندوویەكدا دیارو بەرچاوو لەبیرنەكراوه.

تاكەكانی ئەو خێزانە هەر یەكێكیان بۆ خۆی تێكۆشەرێكی خاوەن باوەڕو كاریگەر بوو. بۆ نمونه، ئەو كاتەی حكومەتی بەعس بۆی ئاشكرا بوو كه حەسەن كوێستانی له ڕێكخستندایەو كاری سیاسی دەكات، كوێستانی دەچێتە لای دایكی و پێی دەڵێت «دوو ڕێگەم له بەردەم دایە: یان دەبێ بچمە شاخ، یان خۆم بەدەستەوه بدەم». دایكی له هەڵوێستێكی چاونەترسانەو شۆڕشگێڕانە ئاسای خۆیدا، به حەسەنی كوڕی دەڵێ «بڕۆ بۆ شاخ». كوێستانیش دەڵێ «ئاخر سەرو ماڵتان تێدا دەچێ و توشی گیران و ئەشكەنجە دەبن». دایكی پێی دەڵێ «ببە به پێشمەرگە. ئەگەر تۆش شەهید بیت یان منیش بگیرێم، هەموو شتێكم قبووڵە. ئیتر هەر چی دەبێ با ببێ». بێگومان هەڵوێستی ئەم دایكە، كوڕی ئازای لێ بەرهەم دێت. ئازایەتی و ئارەزوی تێكۆشان و هەستی كوردایەتیی دایكی كوێستانی و مام ئەحمەدی باوكی، بووە هۆی ئەوەی لاپەڕەیەكی پڕشنگداری خەباتی گەلەكەمان پڕ بكەنەوەو ئەركێكی گەوره بەجێ بهێنن.

ڕژێمی بەعس بۆ هەرەس پێ هێنانی ورەی ئەو خێزانەو ناچاركردنیان به وازهێنان لەڕەوتی تێكۆشانی گەل، چەندین ڕێگەی گرته بەر، هەر لەخشتەبردنیان به سامان و ئیمتیازاتی جۆراوجۆرەوە تا دەگاتە ئازاردان و هەڕەشه و دەستگیركردنیان. بۆ چەندین جارو یەك لەسەر یەك، له نێوان ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٢، ڕژێمی عیراق دایك و باوك و مام و خوشك و برای شەهید كوێستانیی دەستگیرو زیندانی كردووه. دواتریش دەستی بەسەر ماڵو داراییەكەیاندا گرت، بەڵام هیچ كام لەو كارانە توانای لەق كردنی ئیرادەی كوێستانی و باوك و دایك و براكانی نەبوو. هەر ئەو بیروباوەڕەش بوو كه وای كرد كوڕەكانی مام ئەحمەد گەلاڵەیی تەواوی تافی لاوێتییان له شاخ بەسەر بەرن. هەر له شاخیش و پێش ئەوەی كه كوێستانی ببێ به پێشمەرگە، مام ئەحمەد دوو كوڕی دیكەی پێشمەرگ بوون، واته هەر یەك له حەمه ڕەش و حاجی و هەردوكیشیان شەهید بوون، یەكێكیان له ساڵی ١٩٨١و ئەوی دیكه لەساڵی ١٩٨٣دا.

### قۆناغی نوێ و ئەركی سەخت:

حەسەن كوێستانی هەر له سەرەتای لاوێتیدا وەك كەسێكی كامڵ و بەئەزمون هاتۆته پێش چاوان، هۆشیارو ئاگاداری بارودۆخی كوردستان و واقیعی تاڵی ئەو ڕۆژگاره بووه، بۆیه له یەكەم وێستگەی خەباتدا، له ساڵانی شەستەكانی سەدەی بیستەم تێكەڵی بزوتنەوەی خوێندكاران بووه. دوای پەیوەندی كردنی به ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوه، زیاتر گەشەی به لایەنی هۆشیاری و بیروباوەڕی كوردانەی داوەو به كارامەییەوه ئەركەكانی جێبەجێ كردووه. هەر بۆیه له دوای نسكۆی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥، ئەركی لێپرسراوەتیی كۆمیتەی ڕاپەڕینی گرته ئەستۆ. ئیشوكاری ڕێكخراوەیی لەو سەردەمەدا زۆر سەخت و دژوار بوو، ڕژێمی عیراقیش لەوپەڕی هێزو تواناداا بوو و خاوەنی دارایی و تۆڕی سیخوڕی بوو. بۆیه زوو زوو تێكۆشەران ئاشكرا دەبون

و دەکەوتنە زیندانەکانەوە. لەو هەلومەرجەدا کوێستانی کە لێپرسراوی دیاری ڕێکخستنەکان و کادیرێکی بەجموجوڵ و چالاکی ناو شار بوو، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ئاشکرا کراو بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکرا.

دوای چەند ساڵێك خەباتی نهێنی لە ناو شارەکان و بوونی بە پێشمەرگە، گورج و گۆڵتر لە قۆناغی نوێدا چۆتە مەیدانی خەباتەوەو ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی باشتر دەرکەوتن، هەر بۆیە بە زویی ئەرك و لێپرسراوێتیی گەورەترو سەختتری پێ سپێردرا وەك لێپرسراوێتیی سیاسی و لایەنی هۆشیارکردنەوە لە ناو هێزی پێشمەرگە، فەرماندەیی کردنی پێشمەرگەو سەرپەرشتی کردنی شەڕە سەختەکان، چوونە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی و بوونی بە یەکێك لە بڕیاردەرەکانی شۆڕش و حزب و زۆری دیکەش. ئەمانە بە تواناو گیانبازی و شایستەیی بوون بەدەست هێنراون.

بەشداریی کاریگەری لە شەڕی کۆڕێ، دوا بە دوای شکستی ڕاپەڕین، لە ڕۆژانی ٧-١١ی نیسانی ١٩٩١ جارێکی دیکە ئەوەی سەلماندەوە کە کوێستانی پیاوی تەنگانەیەو لە شکست سەرکەوتن دەخوڵقێنێ.

**یاداشتی شەڕی کۆڕێ:**

ئەگەر هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی کوێستانی فەرامۆش بکەین و تەنها وەك نوسەرو ڕۆشنبیر سەیری بەرهەمەکانی بکەین، هێشتا وەك کەسایەتییەکی باڵاو خاوەن شانازییەکی گەورە دەمێنێتەوە چونکە هەمیشە لایەنی ڕۆشنبیریی بە گرنگ زانیوەو لەو بوارەشدا خامەیەکی بەبڕشت بووە. لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی نوسینی جۆراوجۆرو بەپێزی بڵاوکردۆتەوە. هەروەها خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری «سەرهلدان» بووە کە مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان بە کوردی و عەرەبی دەری کردووە، هەروەها کتێبێکیشی بە زمانی عەرەبی نوسیوە.

یەکێ لە نوسینەکانی کوێستانی، تۆمارکردنی یاداشتەکانی ڕۆژانی شەڕو بەرگرییەکانی کاتی کۆڕەوی خەڵکی کوردستانە لە نیسانی ١٩٩١. لە شەڕە بەناوبانگەکەی کۆڕێ، کوێستانی بەوردی ڕۆژانی ئەو بەرگرییە قارەمانانەیەی تۆمار کردووەو لە ڕوی مێژوییەوە ئەم تۆمارکردنەوەی بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە بە وردی و لە نزیکەوە، بەتایبەتی کە خۆی فەرماندەی شەڕەکە بووە، هەموو زانیارییەکانی یاداشت کردووە.

لە ئایاری ١٩٩٤ کوێستانی لە مانگی یەکەمی شەڕی ناوخۆدا لە بۆسەیەکدا خۆی و شەش پێشمەرگەی هێزەکەی شەهید بوون. وا لێرەشدا ژیاننامەی هەر شەش شەهید بڵاو دەکەینەوە:

-یوسف برایم گەلاڵی:

ساڵی ١٩٥٧ لە شارۆچکەی گەلاڵە لەدایك بووەو ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لە٢٢ی تەموزی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٧ی باڵەك. لەبەهاری هەمان ساڵدا لە نەبەردییەکەی مامەڕوتە بە سەختی بریندار بووە. ساڵی ١٩٨٢ بووە بە لێپرسراوی دەستەی تایبەتی کوێستانی لە تیپی ١٢ی سۆران و ساڵی ١٩٨٥ بۆتە فەرماندەی کەرت لە بارەگای مەڵبەندی ٣.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە ناوچەکانی گەلاڵە، کاروخ، قەندیل، دۆڵی ئاکۆیان، خۆشناوەتی، دۆڵی جافایەتیو دەشتی هەریر بەشداریی لە دەیان چالاکی و شەڕی گەورەدا کردووەو سێ جاریش بریندار بووە.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا تا رزگارکردنی کەرکوك لە تەك کوێستانی بووەو هەمان ساڵ کراوەتە یاریدەدەری فەرماندەی فەوج لەلیوای ٣.

-خدر رەسول مینە:

ناسراو بە سەید خدر. ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی زینووی قەزای چۆمان لەدایك بووە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردووەو بە شێوەیەكی چالاكانە ئەركەكانی ڕێكخستنی جێبەجێ كردووە. ساڵی ١٩٨٧ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ١٩ی كۆڕەك. بەشداریی لە دەیان چالاكیی هێزی پێشمەرگەدا كردووەو ڕۆڵی كاریگەری تێدا بینیوە، هەروەها بەشداریی لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا كردووەو لە ئۆپەراسیۆنی رزگاركردنی كەركوكیش بەشدار بووە.

لە كاتی شكستی راپەڕین و هێرشی چەواشەی سوپای عیراقدا، ڕۆڵێكی دیاری لە بەرپەرچدانەوەیدا هەبووە، بەتایبەتی لە شەڕی كۆڕێ كە تێیدا زۆر ئازایانە هەڵی كوتاوەتە سەر تانكەكانی سوپای عیراق.

كادیرێكی ژیرو هۆشیارو لێهاتوو بوو، لە بواری شانۆش ئەكتەرێكی بەتوانا بوو. دوای دامەزراندنی دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێم، بووەتە كۆمیسێری ئاسایش لە چۆمان.

-محەمەد عەلی مستەفا:

ساڵی ١٩٧٢ لەگوندی دەربەندی رایاتی قەزای چۆمان لەدایك بووەو ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە كردووە.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دا ڕۆڵێكی باڵای لە شانە چەكدارەكان و راماڵینی دام و دەزگای بەعسییاندا بینی. دوای ڕێكخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، بووەتە فەرماندەی كەرت لە تیپی ٢٥ی زینەتیری سەر بە بەتالیۆنی ٤٨ی هەڵگورد.

-خدر حەمەد ئەمین خدر:

ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی دەربەندی رایاتی قەزای چۆمان لەدایك بووەو ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە كردووە. ساڵی ١٩٩١ بۆتە پێشمەرگەو لەڕاپەڕینی ئەو ساڵەدا ڕۆڵێكی كاریگەری هەبووەو تا رزگاركردنی كەركوك بەشدار بووە. دواتر بۆتە فەرماندەی كەرت لە بەتالیۆنی ٢٨ی شیوەزوور.

-مینە ئەحمەد ئیسماعیل:

ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی سۆرەبانی شارۆچكەی قەسرێ لە دایك بووە. ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە كردووەو لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ڕۆڵێكی كاریگەری لە پاك كردنەوەی شارەكانی شەقلاوەو هەولێرو كەركوك نواندووە. دواتر لەسەر داوای خۆی بۆ لای حەسەن كوێستانی گوێزراوەتەوەو لەوێ ئەركەكانی پێشمەرگایەتیی بە پوختی بەجێ هێناوە.

-مەحمود ئەحمەد عەبدوڵلا:

ناسراو بە خولە. ساڵی ١٩٦٧ لە شارۆچكەی گەڵاڵە لەدایك بووە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و تا ئەو كاتەی هەموو تاكەكانیماڵەوەیان بونەتە پێشمەرگە، درێژەی بە خوێندن داوە.

ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە لای حەسەن كوێستانیی برای. ئازاو وریا و بەدەستوبردو نیشانە شكێن بووە. بەشداریی دەیان چالاكیی كردووە. ساڵی ١٩٨٣، كاتێك حاجیی برای شەهید بوو، ئەو بەگوڕترو بەجۆشتر كەوتە خۆو لە پاڵ كاری پێشمەرگانەدا سەركەوتوانە كاری ڕێكخراوەییشی ئەنجام داو هەمیشە لە دەستەی هێرش بووە.

ساڵی ١٩٩١ لە كاتی ڕاپەڕیندا، لە تەك كوێستانی، بەشداریی كاریگەریی لە رزگاركردنی شەقلاوەو ناوچەكانی تر تا رزگاركردنی كەركوك كردووە. دوای راپەڕین چەندین كاری ڕێكخراوەیی

و پێشمەرگانەی پێ سپێردراوەو لەگەڵ دامەزراندنی سوپای یەکگرتوی کوردستاندا بۆتە ئەفسەری هەواڵگری لە لیوای ٣٣.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٧/٥/١٧).

## حەسەن موتریب (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزێکی پێشمەرگەکانی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو جاشەکان لەگوندی حەسەن موتریب لە ناوچەی قوشتەپە لە ٢١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧. هێزەکە بە فەرماندەیی سەعدی گچکەی فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، لە مەفرەزەیەکی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و مەفرەزەیەکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان پێکهاتبوو.

کاتێك پێشمەرگەکان لەگوندی جلبەسەر بوون، هەواڵیان پێ گەیشت کە مەفرەزەیەکی جاشەکان لەگوندی بانەموردە، بۆیە بە پەلە گوندەکەیان بەجێ هێشت و خۆیان گەیاندە گوندی بانەموردو گەمارۆیان دا، بەڵام پێش ئەوەی پێشمەرگە بگاتە ئەوێ، جاشەکان گوندەکەیان بەجێ هێشتبوو. دواتر، بۆ پێشمەرگەکان دەرکەوت کە جاشەکان لەگوندی حەسەن موتریبن کە کەوتۆتە بناری چیای دێدەوانەوە. بە پەلە خۆیان گەیاندە گوندەکەو پاش گرتنی سەر رێی هەولێرو سەر رێی گوندی رولکە، دەستەیەك لە پێشمەرگەکان چوونە ناو گوندو پەلاماری جاشەکانیان دا. پاش شەڕێکی ٤٥ خولەکی، جاشەکان ٤ کەسیان لێ کوژراو ئەوانی تر خۆیان دەرباز کرد. لە هێزی پێشمەرگەش شەهیدێك بە ناوی محەمەد رەسوڵ سێگرتکانی هەبوو کە رۆژی دواتر لە گوندی ئۆمەرگومەت بە خاك سپێردرا.

## حەسەن یاسین عەبدولڕەحمان



رۆژنامەنوسو لێکۆڵیار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٥ی شاری هەولێر. بەر لەوەی بخرێتە بەر خوێندن، لە لای مەلا عەبدولڕەحمانی باپیری قورئانی خوێندووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.


ساڵی ١٩٨١ لە کاتێکدا کە لە قۆناغی ئامادەیی خوێندندا بوو، پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد، بەڵام هەر ئەو ساڵە بەهۆی گیرانی ژمارەیەك ئەندامی رێکخستن و راوەدونانی بەشێکیان لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوەو بونی هەندێکیان بە پێشمەرگە، پەیوەندیی بە رێکخستنەوە پچڕا. ساڵی دواتر رێوشوێنێکی بۆ پەیوەندی کردن بە رێکخستنەکانەوە دۆزییەوەو لە ریزی رێکخراوی هەولێر درێژەی بە کاری رێکخراوەیی دایەوە.

لە خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢دا، لە هەولێر یەکێك لەو خوێندکارانە بوو کە رۆڵێکی بەرچاویان لە خۆپیشاندانەکاندا گێڕاوە.

ساڵی ١٩٨٤ لە بەشی کۆمەڵناسیی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر وەرگیرا بەڵام بەهۆی هەلومەرجی کاری سیاسی و گیرانی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە لە خوێندن دوا کەوت. ساڵی ١٩٨٦ لەبەر بەشداری نەکردنی لە مەشقی جەیش شەعبی، لە خوێندنی زانکۆ بێبەش کرا، بەڵام لەبەر

زۆریی ژمارەی بەشدارنەبووەکانی مەشقەکە، بڕیارەکە هەڵوەشێنرایەوە. ساڵی ١٩٨٧ بۆ ماوەی شەش مانگ دەستگیر کرا. ئەگەرچی دەزگا ئەمنییەکان هیچیان لەسەر ساغ نەکردەوەو دواتریش ئازاد کرا، بەڵام گرتنەکە بووە هۆی ئەوەی ساڵێك خوێندنی زانکۆی بفەوتێ.

ساڵی ١٩٨٦ لە کاتی سەرهەڵدانی قەیران لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا، پشتگیریی باڵی ئاڵای شۆڕشی کردو لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨- ١٩٨٩دا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی ئاڵای شۆڕشی پارێزگای هەولێری گرتە ئەستۆو لەم سەروبەندەدا لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕۆژنامەی «ئاسۆی کرێکار»ی دەرکرد. هەر لەو ساڵەدا کە خوێندکاری پۆلی چوارەمی زانکۆ بوو، بۆ جاری دووەم دەستگیر کراو دادگا سزای زیندانی هەمیشەیی بەسەردا سەپاند. پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١و بەپێی ڕێککەوتنی نێوان




بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق سەبارەت بە ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان، ئازاد کراو گەڕایەوە سەر خوێندن. ساڵی ١٩٩٢ خوێندنی زانکۆی تەواو کرد.

لە یەکگرتنەوەی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٩١، کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشان. پاش ڕوداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. لەو ماوەیەدا لێپرسراوەتیی ڕادیۆی ناوەندیی حزبی زەحمەتکێشان و ڕادیۆی سلێمانیی گرتە ئەستۆ، جگە لەوەی کە لە ماوەی ١٩٩٥-٢٠٠١دا ئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی «ئاڵای ئازادی» بووە، ساڵی ١٩٩٩ لێپرسراوەتیی سەرنوسەری «ڕۆژنامەنووس»ی گرتە ئەستۆ کە دەستەی ڕۆژنامەنوسانی ئازاد دەریکردووە و ٣٥ ژمارەی لێ دەرچووە. ئەو لە ژمارەکانی ١ تا ١٠ سەرنوسەر بووە.

ساڵی ٢٠٠١ وازی لە حزبی زەحمەتکێشان هێنا و پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو لە مەکتەبی ڕاگەیاندن بە کادیر دامەزرا. ساڵی ٢٠٠٢ وەك کادیر گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی بیرو هۆشیاری. سەرباری کارکردنی لە مەکتەبی بیرو هۆشیاری، لە ساڵی ٢٠٠٤دا وەك لێکۆڵیار لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان و وەك ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سەنتەر کاری کرد. ساڵی٢٠٠٦ ئەرکی سەرنوسەری گۆڤاری «دۆسێی ئیسلام»ی گرتە ئەستۆ کە گۆڤارێکە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەری کردووەو تایبەت بووە بە کاروباری ئیسلامو ئیسلامی سیاسیو سۆسیۆلۆژیای ئاینو ٨ ژمارەی لێ دەرچوە. هاوکات، وەك ئەندامی

دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «تێگەیشتنی راستی» کاری کردووە. کەگۆڤارێکە لقی ئەوروپای سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دەری کردووە. هەر ئەو ساڵە لە مەکتەبی بیرو هۆشیاری لێپرسراوەتیی بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤاری «نۆڤین»ی پێ سپێردراو لە دوایین دوو ژمارەی گۆڤارەکەدا لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گرتە ئەستۆ. لەتەموزی ٢٠٠٦دا کرایە ئەندامی مەکتەبی بیرو هۆشیاریو لەم سەروبەندەشدا هەر ئەو ساڵە بەکالۆریۆسی لە بواری زانستە سیاسییەکاندا لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠١٠ لێپرسراوێتیی جێگری سەرنوسەری گۆڤاری «کەلتور»ی پێ سپێردرا کە ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمدا دەرکردووە. بە درێژایی چوار ژمارەی هەوڵی گۆڤارەکە، بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی وەك جێگری سەرنوسەر.

لە بەشێکی زۆری «رۆژنامەو گۆڤارەکاندا نوسینەکانی بڵاو کراونەتەوە. شێوازی نوسینی پشت ئەستورە بە ڕستەی کورت و بیرۆکەی رۆشن و دورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی.

دیارترین بەرهەمەکانی: «فیدرالیزم و سیستمەکانی یەکێتیی فیدرالی» (٢٠٠٤)، «مێژوی پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان پشتیوانانی ئیسلام و رێکخراوی قاعیدە» (٢٠٠٦).

ساڵی ٢٠١٥ لە بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی عێن شەمس لە قاهیرە دەستی بە خوێندنی ماستەر کرد. ساڵی ٢٠٢٠ تێزێکی بە ناونیشانی «بەکارهێنانی سیاسییانەی ئاین لە هەرێمی کوردستان» پێشکەش کرد و بڕوانامەی ماستەری پێ وەرگرت.

## حەلیمە سۆفی مەلا



یەکەم ژنی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٣ی گوندی ماونانی دۆڵی باڵەیانی ناوچەی باڵەکایەتی. لە خێزانێکی جوتیار و کوردپەروەرە. برایەکی، حەسەن سۆفی مەلا، لە ساڵی ١٩٧٦ پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بووەو هەر بەم هۆیەوە، حەلیمە هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە.

پاش شەهیدبونی براکەی لە کەڵەکی باڵەیان لە ساڵی ١٩٧٧، خۆیو کوڕەکەیو نۆ کەس لەخزمو کەسوکاری خۆی مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان پێکهێنا، پەیوەندییان بەهەرێمی ٧ی باڵەکەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتییان دەست پێکرد. بەمجۆرە، بووە یەکەم ژنی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەم سەروبەندەدا هەوڵێکی زۆری بۆ دۆزینەوەی تەرمی برا شەهیدەکەی دا تا لە کۆتاییدا لە نزیك شارۆچکەی قەسرێ دۆزییەوەو بردییەوە بۆ دۆڵی باڵەیان و لەوێ بە خاکی سپارد.

تاڵەبانی وەك رێزلێنانێك لە پەیوەندی کردنی بە هێزی پێشمەرگەوە، دوو جار دیاریی پێشکەش کردووە، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٧٨دا، کاتێك لەدۆڵە کۆگەی چیای قەندیل دەمانچەیەکی مەکاریۆفی پێشکەش کردو جاری دووەم لە ساڵی ١٩٧٩دا کاتێك لە خری ناوزەنگ کلاشنکۆفێکی پێشکەش کرد.

ساڵی ١٩٨٠ گوازرایەوە بۆ هەرێمی ١٤ی ئاکۆ.

ساڵی ١٩٨١ یش دوا بەدوای دروستبونی قوەتی کاروخ گوازرایەوە بۆ ئەوێ. ساڵی ١٩٨٥ بۆ تیپی ٧٤ی باڵەك گواسترایەوەو کرایە فەرماندەی کەرت.

لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی چەندین شەڕو نەبەردی کردووە لەوانە شەڕەکانی دۆڵی خانەقاو بێرمکەو وەرتێ، سەرەڕای بەشداربونی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە و شەڕەکانی دژی بەرەی جود لە بناری چیای قەندیل لە ساڵی ١٩٨٣. ئازایەتیی لە شەڕدا مایەی ئەوە بووە کە لە باڵەکایەتیدا بە «پڵنگە رەشەکە» بناسرێ.

لە ئازاری ١٩٩٢ لە کاتی تـوانەوەی بەفری چیای قەندیل، کەوتە ناو چەمی نزیك گوندەکەیو ئاو بردی، تا لەدواییدا لە ناوەڕاستی حوزەیراندا، دوای دامرکانەوەی ئاوی چەمەکە، تەرمەکەی دۆزرایەوەو لە گوندەکەی خۆی بە خاك سپێردرا.

## حەمامۆك (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگانەیە کەرتی ٣ی چەمچەماڵی سەر بە تیپی ٢١ی کەرکوك، بە فەرماندەیی فەرماندەی کەرت شۆڕش قەرەهەنجیری، لە ١٥ی ئایاری ١٩٨٣ لە نزیك کانیاوی حەمامۆك لە کۆیە، ئەنجامی داوەو تێیدا ١٨ کارمەندی سەر بە بەڕێوبەرایەتیی ئەمنی کۆیە کوژراوە.

زانیاریی تەواو بە هێزی پێشمەرگە گەیشتبوو کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراو لە حەمامۆك، ژمارەیەك کارمەندی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی کۆیە کۆ دەبنەوە. پاش راوێژکردن لەگەڵ ئەحمەد کرێکار، لێپرساوی کەرتی رێکخستنی چەمچەماڵ، پلانێکی تۆکمە بۆ جێبەجێ کردنی ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوو دانرا. بەپێی پلانەکە، هێزەکە کە لە ٢٤ پێشمەرگە پێکهاتبوو، پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٥ی ئایاری ١٩٨٣ لە پشت تامانی رەزەکانی سەروچاوەی حەمامۆك بۆسەی دانـاو لـەم رووەوە بەسەر سێ گروپی هەشت پێشمەرگەییدا دابەش کرا، یەکەمیان گروپە سەرەکییەکە بوو کە ئەرکی هێرش بردنی پێ سپێردرا بوو و لە دوو گروپەکەی تر، یەکێکیان لە دۆڵەکەی ناو باواجی جێگیر کرا، ئەوی تر لە دەرکی گەرووەکە. ئەرکی هەردوو گروپ دابین کردنی رێگاکانی کشانەوە بوو پاش ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە.


هەر کە کارمەندەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمن بە ئوتومبیلە شۆفەرلێتە گەورەکە گەیشتنە شوێنی بۆسەکە، پێشمەرگەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللەو ئارپیجی. لە ١٩ کارمەندەکەی ئەمن، ١٨ یان لەوێ دەم و دەست کوژران و تەنها یەکێکیان هەلی راکردنی بۆ رەخسا. لەم چالاکییەدا هێزی پێشمەرگە ٦ کلاشنکۆف، ٢ بیکەیسی و ٢ دەمانچەی دەستکەوت بوو. ئوتومبیلەکەش بە تەواوی تێك شکا.

هێزەکە بەبێ هیچ زیانێك پاشەکشەی کردو لە گوندی میرسید گیرسایەوە، لەوێوە گەڕایەوە بۆ گوندی سماقوڵیی سەروچاوە کە لەو دەمەدا بارەگای تیپی ٢١ی کەرکوکی لێ بوو.

دەستەی هێرشبەر بە فەرماندەیی شۆڕش قەرەهەنجیری بوو. پێشمەرگەکانی تری دەستەکە ئەمانەن: سەربەستە سور، مەلا برایم داربەسەری، گەشمەرگ عەزیز کوێخا شەریف، کامیل تیژەیی، محەمەد باوەفاتی، فارس تیژەیی و سەرکەوت بنەیی.

ناوی هەندێ لە پێشمەرگەکانی دوو گروپەکەی تر: پشتیوان کوچکە نەخشینە، سامان چەمچەماڵی، خەلیل حەمە خان، قادر گەزلانی، فەرهاد قەرەهەنجیری و جەمال عەلی خورشید ناسراو بە سەرکەوت.

## حەمرین (گۆڤار)




گۆڤارێکی مانگانەی سیاسیی گشتییە، لە ژێر دروشمی «مینبەرێك بۆ بەیەکەوە ژیان» دەرچووە. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوبۆتەوە، بەشی راگەیاندن و رووناکبیریی مەڵبەندی ١٦ی حەمرین دەری کردووە. شەکەر مەجید خاوەنی ئیمتیازو عەبدوڵڵا ئەحمەد سەرنوسەری بووە.

ژمارە سفری ئەم گۆڤارە لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ دەرچووە. بابەتەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژووییین، چەند لاپەڕەیەکی بۆ شیعرو چیرۆك تەرخان کراوە. کارە هونەرییەکانی محەمەد ئەحمەد گەرمکی و عیرفان جوانڕۆیی ئەنجامیان داوە.

لە ژمارە ٤ەوە شەکەر مەجید بۆتە خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری گۆڤارەکە، عەبدوڵڵا ئەحمەد بۆتە جێگری سەرنوسەر. تا ژمارە ٧ کە لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠١٠ دەرچووە بە ناوی بەشی راگەیاندن و رووناکبیریی مەڵبەندی ١٦ی حەمرینەوە دەرچووە. دواتر، پاش هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەندی ١٦ی حەمرین، وەك گۆڤارێکی سەربەخۆ بەردەوام بووەو لێرە بەدواوە وا خۆی ناساندووە کە گۆڤارێکی گشتییەو بەهەوڵ و کۆششی کۆمەڵێك نوسەر بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی تورکمانی دەردەچێ.

## حەمرین (گۆڤار)




گۆڤارێکی سیاسیی فیکریی وەرزییە مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە. تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە بەهاری ١٩٩٩ دەرچووەو ژمارە دوو لە هاوینی ١٩٩٩. خاوەنی ئیمتیازەکەی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوکەو سەرنوسەرەکەی رەنج عەبدولحەمیدە. بەڕێوەبەری نوسین عادل عەلییە. دەستەیەکی نوسەرانی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لەزاهیر شوکر، ئیبراهیم باجەلان، حەسەن ئەحمەد، عارف قوربانی، حەسەن جیهاد ئەمین، رەحمان خانی، عەدالەت عەبدوڵڵاو لەتیف فاتیح فەرەج پێك هاتووە. لە ژمارەی ٢دا عارف

قوربانیو ڕەحمان خانی لەدەستەی نوسەران نەماون. لە یەکەم ژمارەدا گۆڤارەکە دەستەیەکی هاوکارانی هەیە کە لە ١٠ کەس پێکدێ و ئەندامەکانی ئەمانەن: سەلاحەددین عەبدولحەمید، مەهدی بەرزنجی، مەجید ساڵح، پشتیوان ئەحمەد، فاتیح سەلام، دڵشاد تاڵەبانی، لوقمان خەیاڵی، عیسا چیایی، بەهجەت ڕەئوف و نەریمان مەجید. لە ژمارە ٢دا دەستەی هاوکاران نەماوە.

گۆڤارەکە بە پێوانەی ٢٣,٥ بە ١٦,٥سم دەرچووە. هەردوو ژمارە لە شاری سلێمانی لە چاپخانە و ئۆفسێتی ڕون چاپ کراون بەڵام پیتچنینی ژمارەی یەکەم لەبنکەی کۆمپیوتەری تەلار کراوەو هی ژمارە دوو لەبنکەی کۆمپیوتەری مەریوانی. هەردوو ژمارە بەرگی پێشەوەو بەرگی دواوەیان هەیە. بەرگی پێشەوەی ژمارەی یەکەم وێنەی چاڵە نەوتەکانی بابا گوڕگوڕی لەخۆ گرتووەو لەبەرگی دواوە وێنەیەکی قەڵای کەرکوك دانراوە. لە ژمارە ٢ دا وێنەیەکی ئاسەواری باوە شاسواری کفری لەبەرگی پێشەوە دانراوەو بەرگی دواوەش وێنەی پردی ئاڵتون کۆپریی لەخۆ گرتووە. بارەگای گۆڤارەکە لە دەربەندیخان بوو کەبارەگای مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوکی لێ بوو.

گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی سیاسیو فیکری، بایەخی بە چەردەیەك بابەتی گرنگ داوە وەك گوتاری نەتەوەیی کورد، قەیرانی ئاو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، سکۆلاریزم، ئیسلامگەرایی، مافی مرۆڤ، دیموکراسیو بونیادگەرایی. سەربار، گۆڤارەکە پەراوێزێکی فراوانی بۆ بابەتەکانی تەعریب و پاکتاوی ڕەگەزیو تورکمان و کاروباری ئاسایشی نەتەوەییو ڕاگواستن فەراهەم کردووە.

ژمارەی یەکەم لە ١٦٨ لاپەڕە پێکدێو ژمارەی دووەم لە٢٢٢ لاپەڕە. ژمارەیەك نوسەر بابەتیان لە هەردوو ژمارەدا بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن: ئیبراهیم باجەلان، محەمەد سابیر کەریم، لەتیف فاتیح فەرەج، حەسەن ئەحمەد، سەمەد جەبار زەنگەنە، سەلاحەددین عەبدولحەمید، حەسەن جیهاد ئەمین، محەمەد شاکەلی، جەلال جەوهەر عەزیز، عەبدوڵڵا قەرەداغی، دڵشاد تاڵەبانی، ئەکرەم محەمەد کەریم، ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ئەحمەد حسێن، کەمال ئەبوبەکر کەریم و عەدالەت عەبدوڵڵا.

هەروەها چەند بابەتێکی وەرگێڕدراویشی تێدا بڵاوکراوەتە کە وەرگێڕەکانیان ئەمانەن: عادل عەلی، مستەفا ڕابەر، زاهیر شوکر، فەرەیدون پێنجوێنی، ڕەنج عەبدولحەمید، محەمەد شێخ عیززەددین، عوسمان حەسەن شاکر، کاروان زەنگەنەو ئاوات حەسەن ئەمین.

## حەمرین (تیپ)

تیپی ٥٩ی حەمرین. ساڵی ١٩٨٧ پێك هێنراوە. پێشتر قەڵەمڕەوەکەی بەشێکی قەڵەمڕەوی تیپی ٥١ی گەرمیان و بەشێکی قەڵەمڕەوی تیپی ٥٧ی سەگرمەی پێکهێناوە. سنوری تیپەکە زۆرتر ناوچەی زەنگەنەی گرتۆتەوە ڕوەو بەرزاییەکانی حەمرین.

لە کاتی بەڕێوەچونی شەڕەکانی قەیوان- ماوەتدا بڕیاری پێکهێنانی دراوە. لەم سەروبەندەدا چەند کەرتێك لە هەردوو تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٧ی سەگرمە جیا کرانەوەو تیپێکی تازەیان لێ پێك هێنرا. لەم ڕووەوە نیاز وابوو جەمال بەهادین محێدین ناسراو بە شێخ جەمالی گەرمیان، جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان، بکرێتە فەرماندەی تیپە تازەکەو بڕیاری بۆ دەرچوو بەڵام بەر لەوەی ناوبراو وەك فەرماندەی تیپەکە دەستبەکار بێ، لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٦ لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت لە چیای دۆڵبێشك لە ناوچەی شارباژێر شەهید

کرا. بە هۆی ئەمەوە پێکهێنانی تیپەکە بۆ ساڵی پاشتر دوا خرا. ساڵی دواتر قەیسەر ئەحمەد ناسراو بە هێمن بۆ فەرماندەیی تیپەکە دیاری کراو کەریم ئەحمەد خدر ناسراو بەشێخ کەریم چاوڕەش بەجێگری فەرماندەی تیپ دانرا.

گەورەترین دوو ئۆپەراسیۆن کە ئەم تیپە بەشداریی تێدا کردووە، ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٧ی داستانی رزگاریو ئۆپەراسیۆنی بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالە لەدۆڵی جافایەتی. لەمەی دواییاندا تیپەکە شەش شەهیدی هەبووە: ٣ جێگری فەرماندەی کەرت بە ناوی حیکمەت محەمەد وەهاب و عەبدولرەحمان رەشید و هەژار ساڵح عەسکەری و ٣ پێشمەرگە بە ناوی حەسەن عەبدوڵڵا میرزاو خەلیل برایم محەمەدو جەلال عەرەب.

## حەمک (شەڕ)

شەڕێکی دەستەویەخەی ناو دێیە لە نێوان مەفرەزەیەکی کەرتی ٤ی جەباریی سەر بەتیپی ٥٧ی سەرگرمە و هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە ١٧ی ئایاری ساڵی ١٩٨٢ لەگوندی حەمك لە ناوچەی جەباری. مەفرەزەکە شەوێک پێش شەڕەکە، لە گەڕەکی حوڕییەی شاری کەرکوک چالاکییەکی گەورەی لە دژی عەرەبە هاوردەکان ئەنجام دابوو، بۆیە سەرکردایەتیی سوپای پارێزگاکە مەبەستی بوو گورزێکی کاریگەر لەو مەفرەزەیە بوەشێنێ تاکو تۆڵەی ئۆپەراسیۆنەکەی گەڕەکی حوڕییە بکاتەوە. مەفرەزەکە کە بە فەرماندەیی مامە ریشە بوو، خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکەی سوپای عیراق ئامادە نەکردبوو. لە کاتێکدا کە هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر گوندەکە، نەخشەیەکی وایان بەدەستەوە بوو کە تەواوی پێشمەرگەکان گەمارۆ بدەن و دواتر لە ناویان بەرن، بۆیە ئەو هێزەی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئۆپەراسیۆنە بەرەو حەمك بەڕێ کەوت، هەموو رێوبانەکانی دەربازبوونی پێشمەرگەی گرتبوو. ئەو هێزە لە ٣ فەوج بە فەرماندەیی لیوا عەبدولکەریم حەمدانی، ژمارەیەك زرێپۆش، بە پاڵپشتی ٨ هەلیکۆپتەری جەنگی و ٤ هەلیکۆپتەری بارهەڵگرو چەند مەفرەزەیەکی جاش پێکهاتبوو.

پێشمەرگەکان لەبەر زەبەلاحیی هێزەکەی دوژمن، شەڕی مان و نەمانیان کردو جگە لە ناو گوند شوێنێکی تریان نەبوو شەڕی تێدا بکەن، بۆیە بەهۆی کون کردنی دیواری ماڵەکانەوە هەموو خانووەکانی گوندەکەیان بە یەکترییەوە بەستەوە. شەڕێکی دەستەویەخە لە ناو گوند رویدا، بەڵام ئەم دەستەویەخەییە بە قازانج بۆ پێشمەرگەکان شکایەوە، چونکە بووە مایەی دەستەبەرکردنی فیشەکی پێویست بۆ پێشمەرگە. هەر کە لەدوژمن دەکوژرا، پێشمەرگەکان فیشەك و نارنجۆکی کوژراوەکانیان بەکار دەهێناو بە هۆی ئەمەوە بەدرێژایی شەڕ فیشەك لەپێشمەرگەکان نەبڕا.

بۆ ئێوارە هێزەکانی سوپا، پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر سەربازو جاشیان لێ کوژرا، گوندەکەیان بەجێ هێشت و بۆ چەمچەماڵ گەڕانەوە. هێزی پێشمەرگە ٤ شەهیدی بەم ناوانە هەبوو: وەهاب ئەحمەد محەمەد (فەتاح)، عەلی کەریم ئەمین، ستار محەمەد مستەفاو ئەحمەد عەبدولرەحمان (هاوار)و ٣ پێشمەرگەی تریش بریندار بوون، لەوانە فەرماندەی هێزەکە مامە ریشە. مەفرەزەکە لە ١٠ پێشمەرگە پێکهاتبوو.

شەڕی حەمک پاش شەڕی ژاڵەی دەربەند دووەم شەڕە کە هێزی پێشمەرگە لە ناو گوند ئەنجامی داوە، بۆیە لە تاکتیکی شەڕی پێشمەرگانەدا بایەخێکی تایبەتی هەیە.

## حەمە تۆفیق شێخ حەمە ئەمین عەبابەیلێ*



پێشمەرگەو کادیر. ناسراو بەهێرش. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی عەبابەیلێی نزیك شاری هەڵەبجە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە شاری هەڵەبجە تەواو کردووەو دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی چۆتە شاری سلێمانی‌و ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆ تەواو کردووە.

پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن بۆتە کارمەند لە فەرمانگەی کشتوکاڵی کەوڵۆس. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووەو لەگوندی پەروینێی ناوچەی هەڵەبجە بۆتە پێشمەرگەی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا نمونەیەکی جوانی لێبوردەیی‌و گورج و گۆڵی نیشانداوەو هەر بەهۆی ئەمەشەوە لە ماوەیەکی پێوانەییدا کراوەتە فەرماندەی مەفرەزەو لە چەندین چالاکیی پێشمەرگانەدا بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوە، بە تایبەتی لە شەڕەکانی ناو پێنجوێن، هەڵەبجە، قاجر و ئۆردوگای زۆرەملێی زەمەقی. ساڵی ١٩٨٠ لە چالاکییەکدا کە لەو سەردەمەدا بە چالاکییەکی کەم وێنە دادەنراو بە هۆیەوە ناوبانگێکی گەورەی بۆ خۆی دروست کرد، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا بە ڕۆژ هێرشیان کردە سەر هێزێکی سوپای عیراق لەسەر پردی گەڕیاتی شارەدێی تەوێڵەو گورزێکی کاریگەریان لێدا. پاش ئەنجامدانی ئەم چالاکییە، کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی ٣ی هەرێمی یەکی هەورامان.

لە شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨١ دا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تردا بۆ پەیوەندی کردن بە ڕێکخستنەکانی ناو شاری هەڵەبجەوە، رووی کردە هەڵەبجە، بەڵام لە نزیك شار هەردوکیان کەوتنە بۆسەی جاشەکان و لە روبەڕبونەوەیەکی سەختدا بریندار بوو. سەرەڕای برینداربونی، بە نارنجۆکێك جاشێکی بریندار کرد، خۆی لە بازنەی بۆسەکە دەرباز کردو خۆی گەیاندە ناو شار، بەڵام بە هۆی سەختیی برینەکەیەوە هەر ئەو شەوە شەهید بوو.

## حەمە حەمزا حاجی عەلی



هونەرمەندو پێشمەرگە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩ی سلێمانی. تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندووە. ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو بوو بە پێشمەرگە.

لە ژیانی هونەرییدا لە ساڵی ١٩٦٩وە وەك گۆرانیبێژ دەرکەوتووە. ساڵی ١٩٧٠ لە هەولێر گیرسایەوە. ساڵی ١٩٧٤ بۆوە بە پێشمەرگەو پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێر. لەوێ دەستی بەگۆرانی وتن کردەوەو چەند سرودو مەقامێکی پێشکەش کرد کە دەنگدانەوەو کاریگەریی زۆری لەسەر جەماوەر هەبوو.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لەو ماوەیەدا لە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکاندا مایەوەو چەند جارێکیش دەستگیر کراو تەنگی پێ هەڵچنرا.

لە ئایاری ١٩٨١دا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و لە ناوزەنگ گیرسایەوە. لە ساڵی ١٩٨٢دا بوو بەجێگری کەرتی ٥ی تیپی ٣٧ی شارباژێر. ساڵی ١٩٨٥ وەك کادیر لە مەڵبەندی ٢ لە سەرگەڵوو گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ تیپی مۆسیقای شەهید کارزان دامەزراند و هەندێك بەرهەمی پێشکەش کرد. دواتر چووە سنوری مەڵبەندی یەک و تا شاڵاوی ئەنفالەکان لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٩٨٨ بەخێزانەوە لە شاری سەقز نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ تیپی مۆسیقای شەهید کارزاندا بەشداریی لە فیستیڤاڵی نەورۆزو هەڵەبجەدا کردو بەرهەمی تەواو جیاوازی لە بەرهەمەکانی پێشووی پێشکەش کرد. لە مانگی ئایاردا ئێرانی بەجێ هێشت و لە دانیمارك گیرسایەوە.

لە ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کردو لە سلێمانی بە خاك سپێردرا.

**پاشکۆ**

**چاوپێکەوتنی گۆڤاری «رەنگاڵە» لەگەڵ حەمە جەزا حاجی عەلی**

**(١٩٩٠)**

*ماوەیەکە بێ دەنگی. دیارە کە هونەرمەند لە کارەکەی خۆی دادەبڕێ، بەتایبەتی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ، ئەو وەستان و دابڕینە دەبێتە مایەی جۆرە ساردی و بەرەو دواوە چونێك. ئێوەش کە کەرەستەی هونەرەکەتان دەنگەو دەنگیش هەمیشە پێویستی بە خەملاندن و پەروەردەکردن هەیە، ئایا هیچ هەوڵێکی واتان داوە لە داهاتودا بە ئاسانی بێنەوە مەیدان؟

- هۆی بێدەنگیی ئەم ماوەیە بۆ هەندێ کاری تایبەت و ئاڵۆزیی بارو زروفەکە دەگەڕێتەوەو دابڕانم لە تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بە هۆی پەرتەوازەبونی ئەندامەکانی تیپەکەوەیە. من پێش ئەوەش هەر لە تیپی مۆسیقای شەهید کارزان دابڕا بوم چونکە لەو ناوچەیە نەما بوم کە بارەگای تیپی لێ بوو. بە هۆی زروفی پێشمەرگایەتییەوە چوو بومە مەڵبەندێکی ترو بە ئاسانی یەکترمان نەدەبینی.

من هیچ کات لە هونەرەکەم سارد نەبومەتەوەو بەرەو دواوە نەچوم و هەمیشە لە خزمەتی هونەری کوردیدا بوم. چەندیش لەپێناویدا هیلاك بم، وا دەزانم هێشتا هیچم بۆ نەکردووە.

سەبارەت بەوەی فەرموتان هونەرەکەم دەنگەو دەنگیش راستە پێویستی بە پەروەردە کردن و خەملاندنە. منیش هەرچەند هیچی تازەم پێشکەش نەکردووە، بەڵام کارەکەمم پشت گوێ نەخستووەو بەردەوامم لە مەشق کردن و راهێنانی دەنگدا.

*حەز دەکەین بزانین لە بواری گۆرانی وتندا چ هەوڵێکی ترت هەبوە جگە لە دەنگ. وەك بزانم هەندێك لە شیعرو ئاوازی گۆرانییەکانت هی خۆتە.

- بەڵێ. هەندێ شت لە ژیانی رۆژانەدا کارم تێ دەکەن، خۆش بن یان ناخۆش، پاڵم پێوە دەنێن بۆ دنیای شیعرو دایدەنێم. بەڵام پێش ئەوەی ئاوازی بۆ دابنێم، پیشانی چەند برادەرێکی شاعیری دەدەم. دوای ئەوەی ئەوان هەڵی دەسەنگێنن، خۆشم پەسندی دەکەم و ئاوازی بۆ دادەنێم. نمونەی ئەو هۆنراوانەی دامناون و بون بە گۆرانی، شیلانە، هۆ کاکی پێشمەرگە، مەڕۆ مەڕۆ و هەندێکی تر کە هێشتا تۆمارم نەکردون.

*چۆن باسی تاقیکردنەوەکانت لەگەڵ تیپی

مۆسیقای شەهید کارزان دەکەیت؟

- بە هەوڵ و تەقەلای چەند هونەرمەندێك تیپی مۆسیقای شەهید کارزان دروست بوو. تیپەکە لە چەند مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژێك پێك هات. ئەو تیپە توانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەوری خۆی ببینێ. ئێوە دەپرسن تاقیکردنەوەم لەو تیپە چی بووە. منیش دەڵێم مرۆڤ تا لە ژیاندا بێ وا لە بەردەمی تاقیکردنەوە دایە، جا چاك بێ یان خراپ. هەڵبەتە لەو کارانەی لەگەڵ تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ئەنجامم داوە، ڕازی و خۆشحاڵم چونکە توانیومە لە هەموو کاتێکی تر زیاتر ئازادانە کار بکەم.

*چ کاتێك توشی ناڕەحەتی لەگەڵ ئاواز دانەرێکدا دەبیت؟

- من لەگەڵ هەموو ئاواز دانەرێك کارم نەکردووە. تاکو ئێستاش توشی هیچ گیروگرفتێکی وا نەبوم ببێتە کۆسپ لە بەردەممدا. ئەگەر توشی ناڕەحەتی و گیروگرفت بم لەگەڵ ئاواز دانەرێکدا، ئەمە مانای ئەوەیە کە لە یەکتری ناگەین.

*خەباتی پێشمەرگایەتی تاقیکردنەوەیەکی نوێی ژیانە. هەر تاقیکردنەوەیەك شتێك لە کاری هونەرمەند دەگۆڕێ. ئەوی زیرەکانە سودی لێ وەربگرێ، بەرەو پێشەوەی دەبات. لەو بوارەدا هەست بە چ گۆڕانکارییەك دەکەیت؟

- هونەرمەند دەبێ ئازاد بێ و بەرهەمەکانی بە سەربەستی بخاتە ڕوو. ئەگەر وا نەبێ، ناتوانێ هەقی تەواو بداتە هونەرەکەی. بەڵام ئەمە لە عیراقداو لە سایەی ڕژێمی بەعسدا پێچەوانەیە. من هەستم بە هیچ سەربەستییەك نەدەکرد، نەك تەنها ئەوە، بەڵکو بەرهەمەکانیشیان پێشێل دەکردم و چەندین جاریش لەسەر ئەو بەرهەمانە توشی گرتن و ئەشکەنجە بوم. تەنانەت نەدەبوو وشەی کوردستان لە هیچ گۆرانییەکدا هەبێ. ئەمەش پێچەوانەی خواستی من بوو چونکە دەبوایە هونەرەکەم لە خزمەتی واقیعی میللەتەکەمدا بێ. ئەو هەموو زەبروزەنگەی بەعسی عیراق وای لێ کردم ڕوو بکەمە شاخ و لەگەڵ ئازارو ئەشکەنجەی میللەتەکەمدا بژیم. ژیانی پێشمەرگایەتی پڕ تاقیکردنەوەیە. من دەتوانم ئەم گۆڕانکارییە لە ئازادییەکەمدا ببینمەوە. دەتوانم زۆر سرودو گۆرانی بڵێم بێ ئەوەی کەس دەست بهێنێتە ڕێگام و ببێ بە کۆسپ.

*گۆرانیی «هەرمێ» تێکهەڵکێشێکی دوو دەنگی کۆن و ڕەسەنی کوردییە: دەروێش عەبدوڵلا و سێوە. ئایا دەتوانی شتێکمان سەبارەت بەم تاقیکردنەوەیە بۆ باس بکەیت؟

- دەروێش عەبدوڵلاو سێوە دوو گۆرانیبێژی دەنگ خۆش و ڕەسەنی میللەتەکەمانن. منیش هەردوو گۆرانیی «هەرمێ» و مەقامی «ئایشە گوڵ»م پێکەوە بەست و حەزم کرد زیندویان بکەمەوە بۆ ئەوەی دەنگی زوڵاڵی ئەم دوو هونەرمەندە هەر لە گوێی خەڵکدا بێ و لە بیر نەچێتەوە.

*هیچ هەوڵێکت داوە پەیوەندی بە مۆسیقازان و گۆرانیبێژە کوردەکانی ئێرانەوە بکەیت و پڕۆژەی هاوبەشتان هەبێ؟

- تا ئێستا لەگەڵ هونەرمەندەکانی کوردستانی ئێران هیچ پەیوەندییەکی هونەریم نەبوە جگە لە بینین و بەسەرکردنەوەیان. هیوادارم لەمەودوا تێکەڵاوی و دۆستایەتیمان زیاتر بێ بۆ یارمەتیدانی یەکتر تا بتوانین لە کۆڕە هونەرییەکاندا یەك بگرینەوەو بە هەمومان خزمەتی هونەری کوردی بکەین.

*ئەو کەسانەی کارت لەگەڵ کردون، بێ پێچ و پەناو موجامەلە، کامیانت زۆر لا پەسندەو هەست دەکەیت بێ گیروگرفت کارت لەگەڵ ئەودا بە ئاسانی و سەرکەوتویی دەگاتە ئەنجام؟

- ئەو هونەرمەندانەی کارم لەگەڵ کردون، بەتایبەتی ئاوازدانەرەکان مامۆستا وریا ئەحمەد و مامۆستا دلێر

ئیبراهیم، هیچ گیروگرفتم لەگەڵیاندا نەبوە، بەتایبەتی ماموٚستا دلێر ئیبراهیم، چونکە ناوبراو لە بارودوٚخێکی سەخت و ناهەمواری ئەم شوٚڕشەدا زەحمەتێکی زوٚری لەگەڵ کێشاوم کە جێی شانازییەو سوپاسی دەکەم.

*لە دەرەوەی دنیای هونەر، وەك پێشمەرگەیەك، سەرنجت بەرامبەر ئێستای هەلومەرجی شوٚڕش و خەباتی چەکدارانەی کوردستان چیە؟

- زروفی ئێستای کوردستان زوٚر نالەبارە. لە راستیدا میللەتی کورد- بەتایبەتی لە کوردستانی عیراق- لە فەوتان دایە. رژێمی بەعس هەموو هەنگاوێکی دڕندانەی بوٚ لە ناوبردنی هەڵگرتووە. داوای یەکگرتن و نزیکبونەوە لە یەکتر لە هەموو هونەرمەندان و هونەر دوٚستانی میللەتەکەمان دەکەم لەپێناوی خزمەت کردنی هونەری کوردی و گەیاندنی دەنگمان بە وڵاتانی دنیا چونکە هونەریش بەشێکە لە خەبات. سەبارەت بە ئایندەی میللەتەکەمان بەرچاو روونم. پێویستە ئەم بارە ناخوٚشەی ئێستا بە خەباتی بەردەوام و کوٚڵنەدان بەرەنگاری بکرێ.

سەرچاوە: گوٚڤاری «رەنگاڵە» گوٚڤاری کوٚمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان، ژمارە ١، زستانی ١٩٩٠، ل ٣٨-٣٩.

## حەمە حەمە رەسول




پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە. ناسراو بە حەمە هەژار. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ی گوندی ئیسێوەی سەر بە ناحیەی هێروٚی پارێزگای سلێمانی. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوە و لە ناوچەی پشدەر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردوە.

یەکێکە لە پێشمەرگەکانی ئوٚپەراسیوٚنی هەکاری. هەر ئەو ساڵە، لە مانگی نیسانی ١٩٧٨دا لەگەڵ بەشی دووەمی ئەو هێزەدا کە رەوانەی سەر سنوری عیراق- تورکیا کرا، لە قەندیلەوە بەرەو ناوچەی برادوٚست بەڕێ کەوت. دوای ئەوەی کە هێزەکە لە ناوچەی هەکاریی تورکیا گیری خواردو تووشی نەهامەتییەکی زوٚر بوو، زوٚربەی تاکەکانی لە لایەن چەکداری خێڵەکانەوە بەدیل گیران و رادەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کران و زوٚربەیان ماوەیەکی دوورو درێژیی دەستبەسەرییان وەك دیل بەسەر برد.

ئەو لەگەڵ ٣ پێشمەرگەی تردا تا مانگی ئاب لە ناوچەی بارزان بەدەستبەسەری مایەوە. پاشان هەر چواریان ئازاد کران بەو مەرجەی خوٚیان رادەستی هێزەکانی عیراق بکەنەوە. هەر چواریان لە مێرگەسور خوٚیان رادەستی هێزەکانی عیراق کردەوەو پاشان رەوانەی قەڵادزێ کران و لەوێ ئازاد کران، بەڵام بوٚ ماوەیەکی زوٚر لە ژێر چاودێریدا مانەوە.

لە ئایاری ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە. ساڵی ١٩٨١ لە پێشمەرگایەتیدا پەیوەندیی بە کوٚمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر بووە فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی ١١ هەر ئەو ساڵە، دوای ئەوەی کە هەرێمەکان کران بە تیپ، چووە تیپی ٦٨ی مامەندەو لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٣- ١٩٨٥ فەرماندەی کەرت بوو لەو تیپە. ساڵی ١٩٨٦ بوٚ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ گوێزرایەوەو لەوێ فەرماندەی کەرتی ٢ بوو. ساڵی ١٩٨٨ بووە فەرماندەی تیپ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە:




١٩٧٤، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردوەو لە چیای زۆزك پێشمەرگە بووە.

دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە سەنگاو نیشتەجێ بوو. هەر لەوێش بەپۆلیس دامەزراو لەو ماوەیەدا لە سلێمانیو کەلاریش خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر، ڕوی کردە شاخ و لە هەرێمی دوو بووە پێشمەرگە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پلەکانی پلە لەدوای پلە بڕیوە. ساڵی ١٩٨٠ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە ناوچەی جەباری. ساڵی دواتر بەهەمان پلەی خۆی گوێزرایەوە بۆ کەرتی بازیان. ساڵی ١٩٨٢ بووە جێگری فەرماندەی کەرتی ٣ی هەمەوەندو پاش دوو ساڵ لێپرسراوەتیی کەرتەکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٥ کرایە


ساڵی ١٩٨٢ لە چیای ئاسۆس، ساڵی ١٩٨٦ لە گوندی موغاغ لە سورداش و ساڵی ١٩٨٧ لە زینۆی سپی.

ساڵی ١٩٩١ بووە فەرماندەی بەتالیۆنی سورکێو و دواتر بووە فەرماندەی هێزی ٧ی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٣ لە پێکهاتەی سوپای یەکگرتووی کوردستاندا بووە جێگری فەرماندەی لیوای ٢١. ساڵی ١٩٩٤ بووە فەرماندەی لیوای سلێمانی. ساڵی ١٩٩٥ بووە جێگری فەرماندەی لەشکری ٦ی شارباژێڕ- پێنجوێن و ساڵی ١٩٩٦ بووە فەرماندەی هەمان لەشکر.

ساڵی ٢٠٠٣ بووە فەرماندەی فەرماندەیی ٩ی شارباژێڕو ساڵی ٢٠٠٤ بووە کارگێڕ لە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەو لێپرسراوەتیی شارباژێڕو پێنجوێنی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٦ بووە فەرماندەی لیوای ٦ی سلێمانی.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠١١ بووە فەرماندەی یەکەی ١٠٦ی سەر بە یەکەکانی ٧٠.

## حەمە ڕەش کەسنەزانی*



پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان و فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی محەمەد کەریم عیسا کەسنەزانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی هۆمەرامانی ناوچەی قەرەداغ. لە بنەماڵەی شێخانی کربچنەیە. خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی سەنگاو تەواو کردووە. ساڵی

جێگری فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمەو لە ساڵی ١٩٨٦ دا فەرماندەیی تیپی ٥١ی گەرمیانی پێ سپێردرا. ساڵی دواتر بە هەمان پلەی خۆی گواسترایەوە بۆ تیپی ٥٣ی شێروانە.

لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا رۆڵێکی کارای گێڕاوەو بەشداریی ژمارەیەکی زۆری نەبەردەکانی کردووە لەوانە شەڕەکانی شارەزورو دەشتی کەرکوك و ئۆپەراسیونەکانی قەیوان ـ ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧). لە مێژوی پێشمەرگایەتیدا لە گەرمیان بە داهێنەری شێوازی گرتنی رەبیەکانی سوپای عیراق دادەنرێ، کاتێك لە ساڵی ١٩٨٢ دا سەرکەوتوو بوو لەگرتنی رەبیەی گوندی کەڵەڕەش لەسەر جادەی چەمچەماڵ ـ سەنگاو.

لە شاڵاوەکانی جەنگی کیمیایی‌و ئەنفالەکاندا رۆڵێکی دیاری لەرزگارکردنی هەزاران هاووڵاتیدا گێڕاو لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقیش هەڵوێستی بوێرانەی نواند. پاش شاڵاوەکان، ناوچەی گەرمیانی بەجێ نەهێشت و فەرماندەیی هێزە پارتیزانەکانی ناوچەکەی کرد. لەو قۆناغەدا بە یارمەتیی رێکخستنەکانی سلێمانی چەند بنکەیەکی پارتیزانیی لە سنوری ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و بازیان دانا. لە کاتی خۆئامادەکردندا بۆ راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ئەو بنکانە وەك بنکەی لۆجستیکی سودیان لێ وەرگیراو بونە مەکۆی رێکخستنەوەی پێشمەرگە دابڕاوەکان و پەیوەندی کردن بە چەکدارەکانی حکومەتی عیراقەوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیی کە کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ ـ ١٩٩١ پێنج جار بریندار بووە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا، رابەرایەتیی ئۆپەراسیونی رزگارکردنی شاری کفریی کرد. دوای رزگارکردنی کفری، بەجێی هێشت و بەرەو دوز کەوتە رێ. لەوێ بەشدارییەکی کارای لە رزگارکردنیدا کرد. لە١١ی ئازاری ١٩٩١ دا لەسەر رێگای دوز ـ تکریت بەگوللەی هاوەن بریندار بوو. لە ڕەوتی هەوڵداندا بۆ فریاکەوتنی‌و گەیاندنی بە نەخۆشخانەی سلێمانی، کار بۆ ئەوە کرا کە ببرێتە کفری‌و لەوێوە بگەیەنرێتە سلێمانی. بەڵام ئەو هێزەی کە لەگەڵی بەڕێ خرابوو، لە نزیك سلێمان بەگ کەوتە بۆسەی چەکدارەکانی رێکخراوی مجاهیدینی خەلقی ئێران کە هاوکارو داردەستی حکومەتی عیراق بوو و هەر لەو بۆسەیەدا شەهید بوو.

ساڵی ٢٠١٨ ئەمیرە محەمەد لە ئەرشیفی ناوەندی مێژوو کتێبێکی ٥٠٠ لاپەڕەیی قەوارە گەورەی بە ناونیشانی «حەمە رەش گەرمیانییەکی گڕگرتوو» دەرکرد کە تێیدا حەمە رەشی بە «ناوێکی درەوشاوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» ناساند. کتێبەکە یادەوەریی سەردەمی پارتیزانیی حەمە رەشی بە دەستخەتی خۆی تێدا بڵاوکراوەتەوە کە بەهایەکی دیکۆمێنتاری گرنگی هەیە، سەرباری ئەوەی کە هاورێکانی لاپەڕەکانی بیرەوەرییەکانی خۆیان لەگەڵ حەمە رەش لە سەردەمی پێشمەرگایەتی و پارتیزانی هەڵداوەتەوەو چەردەیەك زانیاریی تازەیان هەم لەسەر خۆی و هەم لەسەر قۆناغی پێشمەرگایەتی خستۆتە بەرچاو. لەوانەی کە بەشدارییان لە کتێبەکەدا کردووە جەلال کەریم عیسا، مەحمود سەنگاوی، عومەر فەتاح، ئامینە فاتیح حسین قادر، هونەر عەلی مەحمود.

بابەتی پەیوەندیدار:
*گەرمیان (تیپ)

## حەمە رەش گرێزەیی*



فەرماندەی كەرت. ناوی تەواوی محەمەد حەمە ئەمین حەسەن. لەدایكبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی گرێزەی ناوچەی شارەزور. لە خێزانێكی هەژارو جوتیاری ناوچەكەیە.
ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە كردووە. ساڵی ١٩٧٧ لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووەتە پێشمەرگەو لە مەفرەزەكەی حەسەن ئەحمەد محەمەد خاوێ رێك خراوە. لەو ماوەیەدا بەشدارییەكی كارای لە زۆربەی چالاكییەكانی هەرێمەكەدا كردوە. ساڵی پاشتر لەسەر خواستی خۆی گواسترایەوە بۆ سنوری هەرێمی یەكی هەورامان.

ساڵی ١٩٧٨ كاتێك هێزێكی گەورە بۆ سەر سنوری عیراق - توركیا نێردرا بە مەبەستی وەرگرتنی برێكی زۆری چەك كە نیاز وابوو لە قامشلۆوە لە سوریا بە ناو خاكی توركیادا بگاتە دەستی هێزی پێشمەرگە، لەگەڵ هێزەكەدا بەڕێ كەوت و لەم ئۆپەراسیونە گەورەیەدا لە ناوچەی هەكاری لە ناو خاكی توركیا دوچاری نەهامەتییەكی زۆر هات. پاش شكست هێنانی ئۆپەراسیونەكەو پەرتەوازەبونی هێزەكە، ئەو و حەوت پێشمەرگەی تر بە فەرماندەیی جەمال عەلی باپیر توانییان دەرباز بن، لە بادینانەوە گەڕانەوەو پەیوەندییان بە بنكەی سەركردایەتییەوە كرد كە لەو كاتەدا لە چیای قەندیل بوو. هەر لەوێ بە بڕیاری تاڵەبانی كرایە فەرماندەی مەفرەزە.

ساڵی ١٩٨٠ كرایە فەرماندەی كەرت. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە چەندین چالاكیو شەڕدا كردووە لەوانە چالاكییەكانی شارەزورو شارباژێرو دەشتی هەولێر. شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی ئەیلولی ١٩٨١ لە شەڕێكدا لەگەڵ هێزەكانی عیراق، لە گوندی رەزڵەی ناوچەی شارباژێر شەهید كرا.

## حەمە رەش یاڵانقۆزی*



فەرماندەی كەرت. ناوی تەواوی محەمەد مەحمود ئەحمەد. لەدایكبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی یاڵانقۆزی بناری چیای پیرەمەگرون. لە تافی منداڵیدا ماڵیان گواستۆتەوە بۆ شاری سلێمانیو هەر لەوێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو كردووە بەڵام لەبەر هەژاری نەیتوانیوە قۆناغی ناوەندی تەواو بكات و بۆ بەشداری كردن لە دابین كردنی بژێوی خێزانەكەی دەستی بە كرێكاری كردووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە كردو لە ساڵی پاشتردا، لە چوارچێوەی ئۆپەراسیونی هەكاریدا، لەگەڵ هێزێكی گەورەدا چوو بۆ سەر سنوری عیراق - توركیا بۆ وەرگرتنی وەجبەیەكی گەورەی چەك كە نیاز وابوو لە سوریاوە بە ناو توركیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. لەم ئۆپەراسیونە گەورەیەدا هێزەكە توشی نەهامەتییەكی زۆر بوو، برسێتیو سەرماو هێرش و پەلاماری خێڵەكانی ناوچەكەو هێزەكانی سەركردایەتیی كاتیی پارتی دیموكراتی كوردستان تەنگی پێ هەڵچنی. لەم سەروبەندەدا حەمە رەش و پۆلێك پێشمەرگە لە سۆنگەی

دژواریی بارودۆخەكەوە، لە ناوچەی هەكاری خۆیان رادەستی بنكەیەكی سوپای توركیا كرد. دواتر توركەكان رادەستی عیراقیان كردنەوەو بە هەلیكۆپتەر گواسترانەوە بۆ شەقڵاوە و لەوێوە برانە كەركوك. پاش ماوەیەك لێكۆڵینەوەو گلدانەوە ئازاد كران.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە رێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە كرد. ساڵی ١٩٨٣ گەڕایەوە سەر ژیانی پێشمەرگایەتیو بووە پێشمەرگەی كەرتی ٢ی بازیانی تیپی ٥٧ی سەگرمە. لە سەرەتای تێهەڵچونەوەی پێشمەرگایەتیدا ئەركی هەماهەنگیی نێوان تیپەكەو رێكخستنەكانی ناو شاری سلێمانیی گرتە ئەستۆ. بەهۆی لێهاتوییو ئازایەتییەوە، پلەكانی پێشمەرگایەتی پلە بەپلە بڕی. لە ساڵی ١٩٨٥ دا بووە فەرماندەی مەفرەزە، لە ساڵی ١٩٨٦ دا كرایە جێگری فەرماندەی كەرت و لە ساڵی ١٩٨٧ دا بوە فەرماندەی كەرت.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لەزۆربەی چالاكییەكانی كەرتەكەی بەشدار بووە لەوانە شەڕەكانی بەرانان - عەزیزاوا، جێشانە، گڵەزەردەو ئۆپەراسیونە گەورەكانی وەك دابان ـ هەلاج (١٩٨٥)، قەیوان ـ ماوەت (١٩٨٦)، دوو جار گرتنی شارۆچكەی سەنگاو لە ساڵی ١٩٨٦ داو داستانی رزگاری (١٩٨٧)، سەرباری بەشێكی زۆری شەڕەكانی قەرەداغ و بازیان و بەشداربونی لە ئۆپەراسیونی گرتنی بارەگای گومرگی سلێمانی كە بەهۆیەوە هێزی پێشمەرگە ١١٠ پارچە چەكی چنگ كەوت.

ساڵی ١٩٨٨ بەشدار بوو لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەكەمی ئەنفال لە دۆڵی جافەتی. ساڵی ١٩٩١ رۆڵێكی دیاری لە ڕاپەرین و رزگاركردنی شارەكاندا گێڕاو هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە ئۆپەراسیونی رزگاركردنی شاری كەركوكدا. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا حەوت جار بریندار بووە، لەوانە دوو جار برینەكەی سەخت بووە، جارێك لە ساڵی ١٩٨٣دا لە كاتی هێرش كردنە سەر بنكەیەكی جەیش شەعبی لە ئۆردوگای زۆرەملێی تەیناڵ و جاری دووەم لە ناو كەركوك لە ساڵی ١٩٩١ دا لە كاتی بەرپەرچدانەوەی هێرشەكانی رێكخراوی مجاهیدینی خەلقی ئێران كە پشتیوانیی لە رژێمی عیراق دەكرد.

پاش راپەڕین لە بەتالیۆنی ١٣٤ی بەكرەجۆ گیرسایەوەو لە شەڕەكانی ساڵی ١٩٩١ی سەرقەڵا رۆڵێكی بەرچاوی گێڕاو هێزەكەی یەكێ لەو هێزانە بوو كە پاش تێكشكاندنی هێرشی زرێپۆش و تانكەكانی هێزەكانی عیراق، چونە ناو سەرقەڵاو لە ناو سەرقەڵا بەرپەرچی ئەو هێزانەی عیراقی دایەوە كە لە كفرییەوە نێردرابون.

لە شەڕی ناوخۆدا لە پێكدادانەكانی شارۆچكەی گەرمكی سنوری پێنجوێن لە ٢٣ی ئازاری ساڵی ١٩٩٥ شەهید بوو.

## حەمە زیاد غەریب*



فەرماندەی تیپی ٩٩ی بیتوێن و تیپی مەڵبەندی ٣ و تیپی ٢١ی كەركوك. ناسراو بە مەلا ئاراس. لەدایكبوی ساڵ ١٩٦٠ی گوند تولكیی ناوچەی شێخ بزێنی. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لە حوجرە خوێندویەتیو لەوێوە

ژیانی فەقێیاتی دەست پێ کردوە.
ساڵی ١٩٧٧ لە کەرکوك پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. ماوەیەك لە ناوچەی سەرکردایەتی مایەوەو پاشان وەك کادیری جەماوەری بۆ سنوری هەرێمی ٢ی کەرکوك گوێزرایەوە، بەڵام زۆرترینی هەڵسوڕانی وەك کادیر، لە ناوچەکانی شوانو ساڵەییو قەڵاسێوکەو شێخ بزێنی بوو.
ساڵی ١٩٨٢ کرایە فەرماندەی کەرتی ٨ی ساڵەییو هەمان ساڵ وەك فەرماندەی کەرتی ٤ بۆ خاڵخالان گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٣ بۆ ناوچەی هەولێر وەك جێگری فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر گوێزرایەوە. لە ساڵی ١٩٨٤دا کرایە فەرماندەی تیپی ٩٩ی بیتوێن و هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی سێ. لە ساڵی ١٩٨٦دا بووە فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوك و هەر ئەو ساڵە، لە پاڵ ئەوەی کەفەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوك بوو، بۆ ماوەیەك ئەرکی سەرپەرشتی کردنی تیپی ٢٥ی خاڵخالانی پێ سپێردرا.
لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ژمارەیەکی زۆر شەڕو نەبەردی کردووە لەوانە شەڕەکانی مۆردخواردەی سەروو و شیوەسور و گۆپتەپە و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (١٩٨٢)و دابان- هەلاج (١٩٨٥)و قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و لەم سەروبەندەدا یانزە جار بریندار بووە. بەپێی ڕاپۆرتی پزیشك، ١٥٤ وردە ساچمە لەجەستەیدا بووە.
لە١١ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧دا لەگوندی مەرزیخەی ناوچەی شێخ بزەینی بە موشەکێکی فڕۆکەی پیلاتۆز شەهید بوو. ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر ناسراو بە مەلا شاخی لە هۆنراوەیەکدا ناوی ناوە «شۆڕەسواری گەرمیان».

## حەمە زیاد مەولود



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن و سەرنوسەری دوو گۆڤار لە دەرەوەی وڵات. ناوی تەواوی حەمە زیاد مەولود ئەحمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٥ی شەقڵاوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شەقڵاوە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٥ لە بەشی سایکۆلۆژیی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی موسل وەرگیراوە.
ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٨١ دەست پێ دەکا، کاتێك لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٢ لە خۆپیشاندانە فراوان و بەربڵاوەکانی شارەکاندا، لە شەقڵاوە ڕۆڵێکی پێشەنگی گێڕاو لەم سەروبەندەدا لەگەڵ دەیان خۆپیشاندەری تر دەستگیر کرا. لەو ماوەیەدا یەکێ لە کادیرە بەدەستوبردو گورج و گۆڵەکانی ڕێکخستن بوو. ساڵی ١٩٨٥ بەشێکی چالاکییە ڕێکخراوەییە نهێنییەکانی بۆ زانکۆی موسل گواستەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ دا بە گومانی پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە، لە شەقڵاوە بۆ جاری دووەم دەستگیر کراو ئەشکەنجەیەکی زۆر درا بۆ ئەوەی ناچار بکرێ ناوی هاوڕێکانی لە ڕێکخستنە نهێنییەکان ئاشکرا بکا، بەڵام ئەو خۆی ڕاگرت، هیچی نەدرکاندو لە دەرفەتێکدا لە گرتوخانەی ئاسایشی شەقڵاوە ڕایکردو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد لە ناوچەی خۆشناوەتی. لە ڕوی ڕێکخراوەییەوە پەیوەندیی بە گروپی ئاڵای




شۆڕشەوە هەبوو. لەو ماوەیەدا لە خۆشناوەتی و بەڕانەتی، بەشداریی لە چەند چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا کرد، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەشدار بوو لە شەڕی خواکورك.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە راپەڕیندا کردو یەکێ لەو پێشمەرگانە بوو کە بەشدار بون لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا.

پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بە ئەفسەر لە وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراو پلەی رائیدی پێ درا.

ساڵی ١٩٩٣ کرایە ئەندامی مەڵبەندی ٦ی سۆران و لەم سەروبەندەدا سەرپەرشتیی ئێزگەی مەشخەڵانی کرد.

لە کانونی یەکەمی ١٩٩٤دا، لە بارودۆخی شەڕی ناوخۆدا، خۆی و برایەکی لە گوندی کاوانیانی ناوچەی شەقڵاوە کەوتنە بۆسەوەو تەقەیان لێ کرا، لە ئاکامدا بە سەختی بریندار بوو و چەند نەشتەرگەرییەکی بۆ کرا بەڵام هیچیان ئامانجی خوازراویان بەدەست نەهێنا. ساڵی ١٩٩٦ برینداارییەکەی تینی بۆ هێناو هەراسانی کرد، لەم سۆنگەیەوە بۆ چارەسەر رەوانەی دەرەوەی وڵات کرا. لە ئەڵمانیا نەشتەرگەریی بۆ کراو چارەسەری پێویستی وەرگرت. لەم سەروبەندەدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییە رێکخراوەیی و مەدەنییەکانی مەڵبەندی دەرەوەدا کرد.

ساڵی ٢٠٠٢ خوێندنی لە ئینیستیتۆی ئینفۆرماتیك بۆ زمان و کۆمپیوتەر لە شاری نۆرنبێرگ تەواو کرد.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٩ دا رۆڵێکی سەرەکیی لە دەرکردنی دوو گۆڤاردا هەبوو لە ئەڵمانیا، یەکەمیان بە ناوی «پێشهات» و ئەوی دیکە بە ناوی «تێگەیشتنی راستی» و لە هەردوکیاندا رۆڵی سەرنوسەری دیوە. گۆڤاری «پێشهات» پانزە ژمارەی لێ دەرچووە. ئەو لە ژمارە ١ تا ١٢ سەرنوسەری گۆڤارەکە بووەو لە ژمارە ١٣ بە دواوە بۆتە سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە.

گۆڤارەکەی تر «تێگەیشتنی راستی» وەرزنامەیەك بوو بە ناوی لقی ئەوروپای سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستانەوە دوانزە ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە زستانی ٢٠٠٥ دەرچووەو دوایین ژمارە لە هاوینی ٢٠٠٩. گۆڤارەکە بە شێوەیەکی گشتی بایەخی بە وەرگێڕانی بابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری ستراتیج و سیاسەتی نێودەوڵەتان داوە، بەتایبەتی لە زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و عەرەبییەوە. چاپێکی لۆکالیشی هەبوە کە لە سلێمانی چاپ کراوە. لەو ماوەیەدا، سەرباری کارکردنی وەك

سەرنوسەری گۆڤاری «تێگەیشتنی راستی»، بەرپرسی ناوەندی رێکخراوە دیموکراتییەکانی دەرەوەی وڵات و کارگێڕی مەڵبەندی دەرەوەش بووە.

ساڵی ٢٠٠٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆی کراوەی عەرەب لە دانمارك بەدەستهێنا و هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ کوردستان و لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٣٨ ی رێکخستنی شەقڵاوەی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠١٠ پاش تێکهەڵکێش کردنی مەڵبەندەکانی رێکخستن، کرایە جێگری یەکەمی مەڵبەندی ٦ ی رێکخستنی سۆران.

ساڵی ٢٠١٤ لە هەولێر بەکالۆریۆسی زمانی ئینگلیزیی لە کۆلیجی ئاداب و هونەری زانکۆی جیهان بە دەستهێنا.


دیارترین بەرهەمە فیکرییەکانی، کتێبی «سیکولاریزم، راسیزم، دیموکراسی»یە کە ساڵی ٢٠١٩ لە دوتوێی ٢٣٢ لاپەڕەی قەبارە مامناوەنجدا، لە هەولێر چاپی کردوەو ئەو بابەتانەی تێدا کۆکردۆتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٦ لە گۆڤاری «پێشهات» لە ئەڵمانیا بڵاو کراونەتەوەو لە تێبینییەکدا رونی کردۆتەوە کە ئامانجی لە دوبارە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە ئەوەیە کە خوێنەران «لە بازنەیەکی فراوانتر بە بابەتەکان ئاشنا بن» بەتایبەتی کە «گۆڤاری پێشهات بە شێوەیەکی گشتی، تایبەت بوو بۆ ناو ئەڵمانیاو ژمارەیەکی سنورداری رۆشنبیران و خوێنەران، گۆڤارو بابەتەکانیان بینیوە». لە پێشەکیی کتێبەکەشدا سەرنجی خوێنەرانی بۆ ئەوە راکێشاوە کە ئەو سێ بابەتە «بە شێوازێك نوسراون دوورن لە ئەبستراکت و ئاڵۆزیی نا پێویست».

بابەتی پەیوەندیدار:

*پێشهات (گۆڤار).

*تێگەیشتنی راستی (گۆڤار).

## حەمە سەعید حەمە ئەمین*



کادیری پێشکەوتوو و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ساڵی ١٩٧٦. ناسراو بە دکتۆر رەزا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٦ ی شاری هەڵەبجە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە هەڵەبجە تەواو کردووەو دواتر لە پەیمانگای پەرستاری لە سلێمانی وەرگیراوەو ساڵی ١٩٦٤ خوێندنی لەو پەیمانگایە تەواو کردووە.

مێژوی تێکەڵبونی بە سیاسەت بۆ سەرەتای ساڵانی شەستەکان دەگەڕێتەوە، کاتێك بووەتە ئەندام لە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر باڵی سەرۆك و باڵی مەکتەبی سیاسیدا، پشتیوانیی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد. ساڵی ١٩٦٦ لە لقی شارەزور، لە لای حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی، بووە لێپرسراوی دارایی و جبەخانە.

ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە کردو بووە یەکێ لە کادیرە پێشکەوتووەکانی ئەو رێکخراوە. لە کاری رێکخراوەییدا لێپرسراوەتیی ناوچەی شارەزورو هەڵەبجەی پێ سپێردراو لەو ماوەیەدا توانی بنەمایەکی پتەو لە ناوچەکەدا بۆ چالاکییەکانی رێکخستنی کۆمەڵە دابنێ.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەوانە مەحمود

عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ عەلی، شەوکەت حاجی موشیر، حامید حاجی غالی، تۆفیق ڕەحیم عەبدوڵلاو عەلی شیعە بەشدار بوو لە پێکهێنانی یەکەم مەفرەزەی چەکداری سەرەتایی لە ناوچەی شارەزورو لەم سەروبەندەدا وەك کادیری کۆمەڵە سەرقاڵی بەجێهێنانی لێپرسراوەتییەکانی خۆی بوو. ساڵی ١٩٧٧ سەرباری کارکردنی وەك کادیرێکی پێشکەوتوی کۆمەڵە، کرایە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش.

ساڵی ١٩٧٨ بەشدار بوو لە یەکەم کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لە گوندی نۆکان کە سەرکردایەتییەکی تازەی بۆ کۆمەڵە تێدا هەڵبژێردراو چەردەیەك بڕیاری گرنگی تێدا درا.

هەموو تەمەنی پێشمەرگایەتیی دەوروبەری دوو ساڵ و سێ مانگ بوو. لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٧٨ دا مەفرەزەیەکی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆسەیەکی لە دەرەکورەی پشت گوندی میری سوری سنوری شارەزور بۆ دەستەکەی دانا. پاش شەڕێکی قورس، لە دەستەکە دوو پێشمەرگە بە ناوی تۆفیق حاجی مەحمود ناسراو بە ئازاد بەرزنجی و قادر حاجی ئەحمەد ناسراو بە فایق گەلاڵی و هاووڵاتییەك بە ناوی ئەحمەد فەتاح شەهید کران. ئەوانی تر بە برینداری یان بە هۆی ئەوەی کە فیشەکیان پێ نەما بوو، لەوانە حەمە سەعید حەمە ئەمین، بە دیل گیران و برانە بارەگایەکی سەر سنوری عیراق- ئێران.

لە ٢٠ی ئەیلولدا ئەو لایەنەی کە بە دیلی گرتبون، بڕیاری کوشتنی ژمارەیەك دیلی دا. لەم سەروبەندەدا هەر یەك لە حەمە سەعید حەمە ئەمین، حسێن محەمەدو ئازاد حسێن باپیر ناسراو بە ئازاد مۆریاسی شەهید کران.

بابەتی پەیوەندیدار:

*دەرەکورە (شەڕ).

## حەمە سەعید سێتەڵانی*



کادیری ڕێکخستن و فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی حەمە سەعید حاجی غەریب. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی سێتەڵانی ناوچەی شارەزور. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی کانی میل تەواو کردووەو بۆ خوێندنی ناوەندی چۆتە دەربەندیخان و لەوێ تەواوی کردووە. پاشان خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆ تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی دواتر بۆتە پێشمەرگە لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ. لەو ماوەیەدا وەك کادیری ڕێکخستن لە ناوچە لادێ نشینەکان کاری کردوە. سەرکەوتنی لەم بوارەدا دەرفەتی بۆ ڕەخساند کە لە ساڵی ١٩٨١دا لێپرسراوەتیی کاروباری کۆمەڵایەتیی ناوچەی شارەزور بگرێتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٥ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ١٥ی هەورامان. ساڵی ١٩٨٧ پاش ئەوەی ئاوات قارەمانی، فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ، گوێزرایەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی یەك و کرایە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەند، سێتەڵانی لە هەورامانەوە بۆ قەرەداغ گوێزرایەوەو بووە فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ. بەڵام هەر ئەو ساڵە، لە کاتی بەشداربونی لە ئۆپەراسیۆنێکی گەورەدا کە تیپەکانی ١٧ی زمناکۆو ٥٧ی سەگرمەو ٥٥ی قەرەداغ و ٥٣ی شێروانە و ٣٥ی کوڕەکاژاو و ٥٩ی حەمرین پێکەوە

هەڵیانسوڕاندووە و ئامانجەکەی گرتنی بورجەکەی دارەڕەش و رەبیەکانی زڕگوێز بووە، لە شەوی ٢٨/ ٢٩ی ئەیلولی ١٩٨٧ دا شەهید بوو.

سیتەڵانی لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە چالاکییەکانی سنوری هەورامان، شارەزور، خۆشناوەتی، قەرەداغ، دۆڵی جافایەتی، شارباژێرو ئەزمڕ. وەك بنەماڵە لە بنەماڵەیەکی شەهید پەروەر بووە. بەڵگەش ئەوەیە کە خودی خۆی ٢٩ هەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.

## حەمە عەلی بەرزنجی



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ناوی تەواوی حەمە عەلی محەمەد حەمە ئەمین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شارۆچکەی بەرزنجە. لە بنەماڵەیەکی جوتیاری هەژارە کە بە ناوی مەلازادەی بابان ناسراوە. خوێندنی سەرەتایی لە بەرزنجە تەواو کردووەو هەر لەوێ تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندویەتی.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە کە لەو کاتەدا باڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٧ بڕیاری دا ببێ بە پێشمەرگە. لەو کاتەدا دەوروبەری ساڵێك بەسەر دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا تێپەڕی بوو. لەم سەروبەندەدا لە کۆتایی حوزەیراندا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی شوان لە هێزەکەی محەمەد غەفور ئاغجەلەری، ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. هەر دوا بە دوای ئەمە، دەزگا ئەمنییەکانی عیراق دایك و باوکیان گرت و ساڵێك و شەش مانگ لە بەندیخانەی سەماوەی باشوری عیراق بەندیان کردن.

ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هەکاری دا کرد کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رویان کردە سنوری عیراق- تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە پلان دانرا بوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەستی هێزی پێشمەرگە. بەڵام گەلەکۆمەکێی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و خێڵەکانی هەکاری ئاڵۆزییەکی زۆری بۆ ئۆپەراسیۆنەکە دروست کرد. لە هەکاریدا ئەو هێزەی کە حەمە عەلیی لەگەڵدا بوو، بڕێك چەکی پێ گەیی، بەڵام لە گەڕانەوەدا هێزەکە کەوتە بۆسەیەکی هێزەکانی پارتی و خێڵەکان و ئەوەی لە هێزەکە نەکوژرا بە دیل گیرا، لەوانە حەمە عەلی.

دیلەکان لە گوندی بێداو زیندانی کران. بەڵام پاش نزیکەی دوو مانگ، دیلەکان لە کاتی گواستنەوەدا رایانکرد، لەوانە حەمە عەلی لەگەڵ دوو هاوڕێی بە ناوی مەحمود محەمەد زەنگیسەری و سەید ئەحمەد توتمانی. هەرسێکیان بڕیاریان دا بە هەر نرخێك بێ، رێگایەکی دورو درێژ ببڕن و خۆیان بگەیەننە قەندیل کە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی لێ بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی شارەزای ناوچەکە نەبون، بە هەڵە چونە ناو سنوری ئێران و لەوێ تیمێکی پاسەوانی سنور دەستگیری کردن. لێرەدا ژیانیان کەوتە مەترسییەوە چونکە بەپێی رێککەوتننامەی جەزایر، ئێران هەموو بەزێنەرێکی سنوری رادەستی عیراق دەکردەوە. بەڵام خۆشبەختانە سەربازێکی بە

ڕەگەز کوردی تیمە پاسەوانەکە ڕێنمایی کردن کە لە لێکۆڵینەوەدا خۆیان بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕاکردوو لە دەست ڕژێمی عیراق بناسێنن. ئەمە مەترسیی ڕادەست کردنەوەی لەسەر لابردن بەڵام تۆمەتی بەزاندنی سنوری هەر هێشتەوە. سێ مانگ لە شنۆ بە دەستگیرکراوی مانەوە، پاشان نێردران بۆ خانێ، دواتر بۆ نەغەدە، ئینجا بۆ تاران و لە کۆتاییدا مافی پەنابەرییان پێ درا. ماوەی جێگیربونیان لە ئێران بە کرێکاری بەسەر برد.

لەگەڵ پەرەسەندنی شێواوی لە شارەکانی ئێران و دواتریش ڕوخانی ڕژێمی شا لە شوباتی ١٩٧٩، دەرفەتەکەی قۆستەوەو لە سنوری مەریوانەوە چوو بۆ پێنجوێن. لەوێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراو پاشان ئازاد کرا.

پاش ئازادکردنی بە ماوەیەکی کەم، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو لە سنوری هەرێمی ١ ی هەورامان ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە. ساڵی ١٩٨١ کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٢ پاش پێکهێنانی تیپی ٣٣ی سلێمانی، بووە فەرماندەی کەرتی ٤ ی ئەو تیپە. ساڵی ١٩٨٣ کرایە جێگری فەرماندەی تیپ. ساڵی ١٩٨٥ پاش یەکخستنەوەی هەردوو تیپی ٣١ ی بەرزنجەو ٣٣ ی سلێمانی و پێکهێنانی تیپی ٣١ ی سلێمانی، بووە جێگری فەرماندەی تیپە یەکخراوەکە. ساڵی ١٩٨٦ ماوەیەك ئەوو ئازاد دەرەمیانەیی پێکەوە سەرپەرشتیی تیپەکەیان کرد.

ساڵی ١٩٨٨ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا، پەیوەندیی بە حزبی سۆسیالیستەوە کردو لە شاری مەریوان لە ئێران گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩١ وەك فەرماندەی بەتالیۆنێکی حزبی سۆسیالیست بەشدارییەکی کارای لە ڕاپەڕیندا کرد.

ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی هێز لە بەتالیۆنی ٧ و پاش دوو ساڵ بووە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی شارەزور. ساڵی ١٩٩٦ بەشدارییەکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەدا کرد، ساڵی دواتریش بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا کرد.

ساڵی ١٩٩٨ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا. ساڵی ١٩٩٩ بووە ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و دواتر بووە بەرپرسی، لقی شارباژێڕ- دوکانی کۆمەڵەکە. پاشان سەرپەرشتیی لقی شارباژێڕی کۆمەڵەکەی کرد.

لە کاتی سەرهەڵدانی داعش و دروستبونی مەترسی لەسەر کوردستان، چەکی هەڵگرتەوەو لە ساڵی ٢٠١٦ دا لە قۆڵی تازەخورماتوو و باشوری کەرکوك بەشدار بوو لە شەڕی دژی داعش.


لە ١ی ئابی ٢٠١٨ دا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە گردی سەلیم بەگ لە سلێمانی بە خاك سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*هەکاری (ئۆپەراسیۆن).

*گەردەلولی تۆڵە (ئۆپەراسیۆن).

## حەمە عەلی قەرەچەتانی*



کادیری عەسکەری. ناوی تەواوی محەمەد عەلی ساڵح ئەحمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٥ی گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر خێڵی

هەرکی و بنەماڵەکەی لە گوندی قەرەچەتانی ناوچەی سورداش نیشتەجێ بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

هەرچەند نمرەیەکی وای لە تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا بەدەست هێنابوو کە لە کۆلیجی ماف پێی وەردەگیرا، بەڵام ئەو حەزی دەکرد لە کۆلیجی سوپایی وەربگیرێ. بە هۆی ئەوەوە کە لەو سەردەمەدا کورد زۆر بە زەحمەت لە کۆلیجی سوپایی وەردەگیرا، هانای بۆ کەسایەتیی ناسراوی سلێمانی شێخ قادری حەفید برد تا یارمەتیی بدا، ئەویش پەیوەندیی بە سەرۆك وەزیرانی عیراق تایەر یەحیاوە کردو رەزامەندیی لەسەر وەرگیرانی لە کۆلیجەکە بۆ دەستەبەر کرد. ساڵی ١٩٦٩ خوێندنی لە کۆلیجەکە تەواو کردو وەك ئەفسەر لە سوپای عیراق خزمەتی کرد.

ساڵی ١٩٧٤ دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو کرایە یاریدەدەری فەرماندەی هێزی رزگاری. لەو ماوەیەدا رۆڵێکی باڵای لە ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکاندا گێڕاوە، بەتایبەتی لە تۆپباران کردنی سەربازگەو بنکە سوپاییەکانی سوسێ و کانی شەیتان. هەر لەو ماوەیەدا لە بەرگەڵوو لە دۆڵی جافەتی بریندار بوو و بۆ چارەسەر رەوانەی ئێران کرا. لە تۆڵەی تۆپباران کردنی سەربازگەی سوسێ، دەزگا ئەمنییەکان دایك و هاوسەرو کچەکەیان دەستگیر کردو فەرمانی گرتنیان بۆ باوکی دەرکرد. لە دواییدا خێزانەکەی ناچار بوو سلێمانی بەجێ بێڵێ و بچێتە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق. دوای تەواوکردنی چارەسەر، گەڕایەوە بۆ کوردستان.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو. دواتر لەگەڵ هەر یەك لە نازم حەمەی سلێمان و فەرەیدون تاڵەبانی گەڕایەوە عیراق و بۆ پارێزگای موسەننا دور خرایەوە. لە سوپا دورخرایەوەو پۆستێکی مەدەنیی لە وێستگەی شەمەندەفەر لە شاری سەماوە پێ دراو دواتریش بۆ شاری ناسریەی پارێزگای زیقار گوێزرایەوە. لە زیقار پەیوەندیی لەگەڵ عەلی عەسکەری دروست کرد کە لەو کاتەدا ئەویش بۆ باشوری عیراق دور خرابۆوەو کرابوە سەرۆکی شارەوانیی ریفاعی.

ساڵی ١٩٨٣ پاش ١٣ ساڵ ژیان لە تاراوگە، گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و لە بەشی تەلەفۆنی بەڕێوەبەرایەتیی گواستنەوەو گەیاندن دەستبەکار بوو. لەو ماوەیەدا لە ڕێی خەسرەو خاڵەوە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست کردو دواتر لەساڵی ١٩٨٦دا لەگەڵ جەبار حاجی رەشید لێپرسراوی رێکخراوی سلێمانی درێژەی بە هەمان پەیوەندی دا.

ساڵی ١٩٩١ بەشدارییەکی کارای لە ڕاپەریندا کرد، بەتایبەتی لە شەڕەکانی ناو سلێمانی و دواتریش بەشدار بوو لە رزگارکردنی کەلارو کفریو کەرکوکدا.

ساڵی ١٩٩٢ بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پلەی عەمیدی لە سوپای یەکگرتوی کوردستان پێ دراو کرایە بەڕێوەبەری هەواڵگری لە وەزارەتی پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا دەستێکی باڵای لە دامەزراندنی کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالاندا هەبوو.

لە تەموزی ١٩٩٦ بە هێزێکەوە رەوانەی ناوچەی برادۆست کرا. لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا، شەوی ٢٤/٢٣ی ئابی ١٩٩٦ لە گوندی مجێسەری سنوری سیدەکان خۆی و پاسەوانێکی بە دیل گیران و شوێنبزر کران.

# حەمەی حەمە سەعید



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی محەمەد سەعید عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی دۆڵبیانی سەر بە ناحیەی بیارە لە ناوچەی هەورامان.


ساڵی ١٩٦٨ خراوەتە بەر خوێندن لە خوێندنگەی سۆسەکان و لەوێ تا پۆلی پێنجەمی خوێندووە. پۆلی شەشەمی لە خوێندنگەی سەرەتایی هەورامان لە تەوێڵە تەواو کردووە. دواتر چۆتە خوێندنگەی ناوەندیی تەوێڵەو لەوێ تا پۆلی سێیەمی خوێندووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو هەر ئەو ساڵە بووەتە پێشمەرگە لە هەورامان. ساڵی دواتر بوەتە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی ٢ی هەرێمی یەکی هەورامان.

ساڵی ١٩٧٩ خێزانەکەی، کە لە باوك و دایك و پێنج براو سێ خوشکی پێکهاتووە، لەبەر فشارو تەنگ پێ هەڵچنینی دەزگا ئەمنییەکان، چۆتە ناوچە ئازادکراوەکان و تا راپەرینی ساڵی ١٩٩١ ژیانی لە ناو پێشمەرگەدا بەسەر بردووەو لەم سەروبەندەدا دوو برای، مەهدی و کۆسار، شەهید بوون.

هەر ئەو ساڵە لە سەروبەندی توندوتۆڵ بونی خەباتی گەلانی ئێران لە دژی رژێمی شا، پشتیوانیی لە خەڵکی شارەکانی پاوەو نەوسود کردوە لە دژی دامودەزگا سەرکوتکەر و هێزەکانی شا.

هەر ئەو ساڵە بووەتە جێگری فەرماندەی کەرت.




ساڵی ١٩٨٢ پاش پێکهێنانی تیپەکان کراوەتە فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ١١ی هەورامان.

ساڵی ١٩٨٤ بەشداریی لەکۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کرد لە دۆڵی مێرگەپان.

ساڵی ١٩٨٥ پاش تێکهەڵکێش کردنی هەردوو تیپی ١١ی هەورامان و ١٥ی شارەزور، بنکەیەکی بە ناوی بنکەی شنروێوە لە هەورامان دروست کردووەو لەو بنکەیەوە کار بۆ دوبارە دروست کردنەوەی تیپی ١١ی هەورامان کراوەو هەوڵەکەش لە ساڵی ١٩٨٧دا بە ئاکام گەیشتووە، تیپەکە دامەزراوەتەوەو خۆیشی بۆتە جێگری فەرماندەی تیپ.

ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی گرتنی شاری هەڵەبجەدا، سەرەڕای لێپرسراوەتییەکانی لە هێزی پێشمەرگە، بووەتە لێپرسراوی مەیدانیی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزەکانی ئێران و لە کۆتایی هەمان ساڵ لە شاری مەریوان لێپرسراوەتیی پەیوەندییەکانی یەکێتی و ئێرانی پێ سپێردراوە.

ساڵی ١٩٨٩ پاش ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، کراوەتە فەرماندەی تیپی ١١ی هەورامان لە بەتالیۆنی یەك. پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، لە مەفرەزە پارتیزانەکانی قەرەداغ و شارەزور ئەرکە پێشمەرگەییەکانی بەڕێوە بردووە.

ساڵی ١٩٩٢ بووەتە فەرماندەی هێزی ٣ی هەڵەبجەو ساڵی ١٩٩٣ بووەتە جێگری فەرماندەی لیوای ٢٠ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە. ساڵی ١٩٩٦ بووەتە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ٦ی شارەزور. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨دا لێپرسراوەتیی ڕێکخراوەیی وەرگرتووەو بووەتە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی شارەزور. ساڵی پاشتر بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە ئەمریکا.

ساڵی ٢٠٠٠ لێپرساوەتیی سەرپەرشتیی کردنی مەڵبەندی ڕێکخستنی شارەزوری گرتۆتە ئەستۆو ساڵی دواتر بووەتە نوێنەری تاڵەبانی لە ناوچەی شارەزور.

ساڵی ٢٠٠٣ بووەتە لێپرساوی مەڵبەندی ڕێکخستنی شارەزورو ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی سەکردایەتی هەڵبژێردراوە. ساڵی ٢٠١٢ لێپرساوەتیی مەکتەبی چاودێری و بەدواداچونی پێ سپێردراوە.


لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە و لە شەڕی دژی تیرۆریستانی جوندولئیسلام و دواتر پشتیوانانی ئیسلام ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبوە.

سەرەڕای سەرقاڵبونی بە کاری سیاسی و پێشمەرگانە، دەرفەتی ئەوەی هەبوە سەرقاڵی کاری نوسین و وەرگێڕان بێ. لەم بوارەدا ئاماژە بۆ بیرەوەرییەکانی دەکرێ کە بە ناونیشانی «دەنگی خاك» لە ساڵی ٢٠١٧ چاپی کردووەو بە دیکۆمێنتێکی گرنگی ژیانی سیاسی و پێشمەرگانەی شارەزورو هەورامان دەژمێردرێ، سەرباری ئەوەی کە تێیدا تیشك خراوەتە سەر چەند لایەنێکی گرنگی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە نوسینی بیرەوەرییەکاندا وردەکارییەکی زۆر لە گێڕانەوەدا، بە شێوازێکی بابەتییانەو بە شێوەیەکی دەستڕەنگین و سیستماتیك، پێشکەش بە خوێنەر کراوە کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی ڕەوتی ڕوداوەکان بە بێ هیچ ئاڵۆزییەك. سەرباری نوسین، چەردەیەك کتێبیشی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی لەوانە «بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگ» و «چیانشینانی زاگرۆس» و «حەسەن سەباح».


ساڵی ٢٠١٩ لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە وەزیری ڕۆشنبیری.

هەر ئەو ساڵە لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە سەر بازنەی شارەزور، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی



فەرماندەو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٤ی گەڕەکی پیر محەمەدی شاری هەڵەبجە. سەرەتای ژیانی سیاسیی بۆ ساڵی ١٩٥٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك خۆی و دەستەیەك لە هەڤاڵانی پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دامەزراند، بەڵام پاش کودەتای




١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ بەتەواوی چوونە ناو پارتییەوە.

لە پێشمەرگە بەرابیەکانی شۆڕشی ئەیلولە. لە ساڵانی سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشدا ڕۆڵێکی کارای لە ناوچەی هەڵەبجەدا نواند. ساڵی ١٩٦٤ لە کاتی تەقینەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی لە نێوان باڵی سەرۆکی پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسیدا، بێلایەنیی هەڵبژارد. ساڵی ١٩٦٥ کرایە سەرلقی شارەزوور، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٦دا بەلای باڵی مەکتەبی سیاسیدا دایشکاند.

ساڵی ١٩٧١ پاش تێکەڵبوونەوەی هەردوو باڵی پارتی و بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان هەردوو باڵ هاتە ئاراوە، ئەو و تاڵەبانی و برایم ئەحمەدو عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری لە قەسرێ جێگیر کران. ساڵی ١٩٧٢ کرایە جێگری فەرماندەی هێزی خەبات. ساڵی ١٩٧٤ پاش دەست پێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، کرایە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی ٣ی قەرەداغ و لەو ماوەیەی لەوێ دەستبەکار بوو، ناوچەکەی لە دەسەڵاتی سوپای عیراق پاک کردەوەو بەرپەرچی هەموو ئەو هێرشانەی دایەوە کە لە بازیان و دەربەندیخانەوە دەکرانە سەر هێزەکانی. لە کانونی یەکەمدا بە هێزێکی گەورە کە لە ٤٥٠ پێشمەرگە پێك هاتبوو، گوێزرایەوە بۆ حاجی ئۆمەران بۆ پاراستنی ناوچەکە کە بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕشی لێ بوو. لەو ماوەیەی لەوێ بوو، ڕۆڵێکی کارای لەپوچەڵ کردنەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا گێڕا. لە مانگی شوباتی ١٩٧٥دا لەگەڵاڵە لە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق بریندار کراو بە پەلەپروزێ گەیەنرایە شاری خانێ و لەوێ چارەسەر کراو خێرا گەڕایەوە بۆ بەرەکانی شەڕ.

پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عیراق و ئێران لە ساڵی ١٩٧٥، لەگەڵ چەند فەرماندەیەکی تردا پێشنیاری گۆڕینی شێوەی شەڕی کرد بۆ شەڕی پارتیزانی بۆ درێژەدان بەخەباتی چەکدار و لە دوایین دیداری لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی لە ٢٧ی ئازار، ئامادەیی دەربڕی کە ٥٠ پێشمەرگە لە هێزەکەی گل بداتەوە و شەڕی پارتیزانییان پێ بکات، بەڵام مەلا مستەفا پێشنیارەکەی ڕەتکردەوە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بوو، ماوەیەك لە خانێ و سەرپێڵی زەهاو مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ عیراق و لە هەڵەبجە گیرسایەوە.

دواتر گواستییەوە بۆ سلێمانی و لەوێ کەوتە کاسبی و کاری قۆنتەرات. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی لەگەڵ عومەر مستەفا دامەزراند کە ئەوسا بۆ ڕومادی دوور خرابۆوە. پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، لە ناو ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان درێژەی بە هەڵسوڕانی سیاسیی خۆی دا. ساڵی ١٩٨٢ دەزگا ئەمنییەکان بۆ ماوەی دەوروبەری چوار مانگ و نیو دەستگیریان کردو ئەشکەنجەیەکی زۆریان دا، بەڵام خۆی ڕاگرت و هیچی نەدرکاند. لە مانگی تەموزدا ئازاد کراو پاش مانگێك لەگەڵ دوو کوڕی پەیوەندیی بە

شۆڕشەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە، کرایە بەرپرسی عەسکەریی مەڵبەندی یەك کە بارەگاکەی لەگوندی حاجی مامەند بوو لە ناوچەی قەرەداغ.

لە ٢٣ی ئابی ساڵی ١٩٨٣ لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەگوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. دوا بەدوای کۆنفرەنسەکە، لە گوندی سوێرە بارەگای دانا.

ساڵی ١٩٨٤ کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ لە بۆتێ. لە مانگی ئایاری ١٩٨٥دا لە کاتێکدا کە لە ناوچەی مەرگە بوو، لە تۆپبارانی ناوچەکەدا بە سەختی بریندار بوو، بە پەلە برایە گوندی کانی توو. لەوێ پزیشکەکان بۆ رزگارکردنی ژیانی، قاچی راستیان لە ئەژنۆوە بەبێ بەنج بڕییەوە. بەڵام ئەم نەشتەرگەرییە مەترسیی لەسەر ژیانی نەڕەواندەوە، بۆیە خێرا گەیەنرایە ورمێ لە ئێران و لەوێ چارەسەری پێویستی بۆ کرا. پاشان چوو بۆ تاران و لەوێوە چوو بۆ نەمساو لەوێوە بۆ ئەڵمانیای رۆژئاواو لەوێوە رووی لە سوید کردو لەوێ گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و تا ساڵی ١٩٩٤ هەندێ ئەرکی کۆمەڵایەتیی لە ناوچەکانی هەڵەبجەو شارەزوورو پێنجوێن و دەربەندیخان و بەرزنجە و هەورامان پێ سپێردراوە کە هەمووی بەڕێکوپێکی جێبەجێ کردووە.

لە ٢٥ی ئابی ٢٠١٩ دا بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. بەیاننامەی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم بارەیەوە ڕێزێکی زۆری لێ گرتووەو تێیدا هاتووە کە ناوبراو «هەمیشە خۆشەویست و رێزگیراوو جێ متمانەی سەرۆك و رابەری کۆچکردومان هەڤاڵ مام جەلال بووەو بۆ ماوەیەکی زۆریش یاریدەدەری هەڤاڵ مام جەلال بووەو رۆڵێکی گەورەی لە بۆنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەبووەو هەمیشە کەسایەتییەکی خۆشەویستی ناو خەڵك بووەو خاوەنی پێگەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بووە».

دیارترین بەرهەمەکانی: «لە شنرۆیوە بۆ ستۆکهۆڵم» (٢٠٠٠).

## حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد



رۆژنامەنوس. ناسراو بە حەمیدی بەدرخان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٧ی گەڕەکی رزگاریی شاری هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی زانیاری و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیی لە خوێندنگەی شەوانەی ئەربیل تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٤ بە فەرمانبەر لە چاپخانەی پەروەردە لە هەولێر دامەزرا. ساڵی ١٩٨٧ بۆ چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین گوێزرایەوە. هەر ئەو ساڵە لە کۆلێجی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا وەرگیرا.

پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بۆ ساڵی ١٩٨٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك لە هەولێر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتییەوە کرد. بە هۆی هەلومەرجی راپەڕین و پچڕانی پەیوەندیی نێوان کوردو رژێمی عیراقەوە، نەیتوانی خوێندنی لە بەغدا تەواو بکات، بۆیە پاش راپەڕین هاتەوە بۆ هەولێرو لە زانکۆی سەلاحەددین درێژەی بە خوێندن دا. ساڵی ١٩٩٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرت.

لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٢ بەشدار بوو لە دەرکردنی چەند چاپەمەنییەك لەوانە ڕۆژنامەی «پەیامی


یادی ١١٣ ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە ڕۆژنامەنووسان پیرۆزبێت

بەدرخان

Bedirxan

ڕۆژنامەی کوردستان 1898 – 1902

کوردستان

کورتەیەک لەژیانی میقداد بەدرخان

نوێ» کە ساڵی ١٩٩١ مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی لە قەڵاچوالان دەری کردووەو ٣ ژمارەی لێ دەرچووەو هەروەها وەك جێگری سەرنوسەر لە ڕۆژنامەی «ئابووری» کاری کردووە کە ڕۆژنامەکە دکتۆر فازڵ قەفتان سەرنوسەری بووەو لە هەولێر ٣ ژمارەی لێ دەرچووە. هەروەها وەك کادیرێکی تەکنیکی لە بواری چاپ، لە ژمارە سفرەوە کاری لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کردووەو تا ساڵی ٢٠٠١ لەسەر ئەم ئەرکە بەردەوام بووە.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٦-١٩٩٨ جێگری سەرنوسەری گۆڤاری «٣١ی ئاب» بوو کە لە سلێمانی ١٠ ژمارەی لێ دەرچووە.


ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ هاوار مستەفا ڕۆژنامەی «بەدرخان»ی لە سلێمانی دەرکردووەو پاشان بووەتە خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری ڕۆژنامەکەو بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.

لەڕێگای ئەو ٨ فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەوە کە لە چەند وڵاتێك ڕێك خران و لەڕێگەی چاپ کردنی چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی «بەدرخان» لە وڵاتانی میسرو ئێران و ئەڵمانیاو لوبنان، توانی ناوبانگێکی زۆر بۆ دەزگاو ڕۆژنامەکە پەیدا بکا.

لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە توانی گورج و گۆڵییەك بخاتە نێو بزاڤی ڕۆشنبیرییەوە بەتایبەتی لەو بوارانەدا کە مۆرکێکی نەتەوەیی و دیکۆمێنتاریان هەیە لەوانە سەرپەرشتی کردنی لەچاپدانەوەی سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی میقداد مەدحەت بەدرخان لەقاهیرەو تاران و سەرپەرشتی کردنی لەچاپدانەوەی سەرجەم بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لە چاپخانەی گرین گالۆری لە بەیروت لە ساڵی ٢٠٠٩. هەروەها لەگەڵ هەر یەك لە دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوەیی و فەرید ئەسەسەرد و دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن و دکتۆر ئومێد ئیبراهیم جۆزەلی بەشدار بوو لە دەرکردنی «ئینسکلۆپیدیای هەولێر» کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی دەزگای بەدرخان و لە ١٠ بەرگ و لە زیاتر لە ٥ هەزار لاپەڕە پێکدێ.

ساڵی ٢٠١١ لە کۆنگرەی سێیەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا هەڵبژێردراو پاش کۆنگرە بووە سەرنوسەری ڕۆژنامەی «ڕۆژنامەنووس» کە گۆڤاری ناوەندیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە.

## حەمید باتاس*



پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی حەمید محەمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٢٠ی گوندی شێخان لە ناوچەی شەمزینانی ویلایەتی هەکاری لە کوردستانی

باکور. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە لە سەدەی نۆزهەدەمدا یەکێ لە گەورەترین بنەماڵە ئۆرۆستۆکراتە زەویدارەکانی شەمزینان بووە.

پاش شکستی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی کوردی باکورو زیادبونی فشاری تورك لەسەر نیشتمانپەروەرانی کورد، سەدان خێزانی ناوچەی هەکاری ناوچەکەیان بەجێ هێشت و بە لێشاو رویان لە باشور کرد، لەوانە کەسوکاری حەمید باتاس کەزێدی خۆیان بەجێ هێشت و لە گوندی باتاس گیرسانەوە. لەم سۆنگەیەوە حەمید منداڵی‌و تافی هەرزەکاریی لە باتاس بەسەر بردو لە دواییشدا ناوی باتاسی وەك نازناو بۆ مایەوە.

لە کۆتایی سییەکاندا باتاسی بەجێ هێشت و لە ماڵی سەید عەبدوڵڵا شەمزینی لە کەرکوك ژیاو لەوێ دەستی بەکاسبی کرد. ژیانی سیاسیی، پاش دامەزرندانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دەست پێدەکا، کاتێك پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانییەوە کردو جموجوڵێکی گەرم‌و گوڕی ڕێکخراوەیی نواند. ئەگەرچی بە وردی نەزانراوە چ ساڵێك پەیوەندیی بە پارتییەوە کردووە، بەڵام پێدەچێ ماوەیەکی کەم پاش دامەزراندنی ئەم حزبە پەیوەندیی پێوە کردبێ. بە هۆی جموجوڵ‌و چالاکییەوە، چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە تەنگی پێ هەڵچنراوە. ماوەیەك ئەرکی ڕێکخستنی ژنانی کەرکوکی پێ سپێردراو لەم ئەرکەیدا زۆر سەرکەوتوو بوو. ساڵی ١٩٦٢ لێپرسراوەتیی لقی ٢ی موسڵی پێ سپێردراو لە ساڵی ١٩٦٤ بەشی ڕێکخستنی ژنانی لە هەولێر گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٦٤ پاش دروستبونی دوبەرەکی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان باڵی سەرۆکی حزب مەلا مستەفا بارزانی‌و باڵی مەکتەبی سیاسی، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسی کردو لەو ماوەیەدا سەرباری حزبایەتی‌و چالاکیی ڕێکخراوەیی، خەریکی کاسبی‌و بازرگانی بوو. پاش تێکەڵبونەوەی هەردوو باڵ لە ساڵی ١٩٧١، هیچ لێپرسراوەتییەکی وەرنەگرت و هەر خەریکی کاسبیی خۆی بوو.

ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش و پێکهێنانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە شێوەیەکی نهێنی، پەیوەندیی پێوە کردو پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێدا، لەگەڵ هەڤاڵەکانی، عەلی عەسکەری‌و عومەر مستەفاو خالید سەعید، لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.


بەڵام ژیانی پێشمەرگایەتیی زۆر کورت بوو، تەنها ساڵێك بوو. لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی دیاری لە ناوچەکانی باکوری پارێزگای هەولێردا گێڕا بۆ بەرزکردنەوەی ورەو گیانی بەرخودان. لە١٧ی ئایاری ساڵی ١٩٧٧ خۆی‌و ٦٣ پێشمەرگە لەسەر پردەکەی چۆمان کەوتنە بۆسەی هێزەکانی عیراقەوە و توشی شەڕێکی سەخت و دژوار بون.

لەو بۆسەیەدا خۆی‌و سێ پێشمەرگەی تر، عەلی مەجید ئەندامی پێشکەوتوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و کادیری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەحمەد حەمەد زورکانی‌و کەمال خۆشکانی، شەهید بون. «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» لە یەکەم ژمارەی کە لە ئایاری ساڵی ١٩٧٨ لە چیای قەندیل دەرچووە، وەك «تێکۆشەرێکی جەماهیریی ناسراو و

بەسالاچوو» ناوی هێناوە.

لە تۆڵەی شەهیدبوونی ئەم پۆلە پێشمەرگەیەدا، دەستەیەك لە پێشمەرگەكانی ناوچەكە چونە ناو شارۆچكەی گەلاڵە و هەڵیانكوتایە سەر سەنگەرێكی هێزەكانی عیراق. لە ئەنجامی ئەم چالاكیەدا ٤ سەرباز كوژراون و ٢ سەربازیش بریندار بون، دەستەكەوتیش ٤ كلاشنكۆف بوو.

## حەمید محەمەد كاكەمەند



كادیری دێرین. لەدایكبووی ساڵی ١٩٣٧ گوندی تۆپزاوای نزیك شاری كەركوك. لەخێزانێكی هەژارو زەحمەتكێش لەدایك بووە. لە هەرەتی لاوێتییەوە هەستێكی جۆش سەندووی كوردپەروەرانەی هەبووە. ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندیی بە ڕیزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە كردو لە ئابی ١٩٦٢دا چووە ریزی شۆڕشەوە. تا ساڵی ١٩٦٤ لە هێزی رزگاریی چەمی ریزان بوو كە فەرماندەكەی جەلال تاڵەبانی بوو.

لە دوای تەقینەوەی ناكۆكییەكانی ناو پارتی لە نێوان باڵی مەكتەبی سیاسی و باڵی مەلا مستەفا بارزانیدا لە ساڵی ١٩٦٤، لەگەڵ باڵی مەكتەبی سیاسی پەنای بۆ ئێران بردو تا ساڵی ١٩٦٦ لەوێ مایەوە.

پاش گەڕانەوەی باڵی مەكتەبی سیاسیی پارتی بۆ شارەكان و ڕێكخستنەوەی ریزەكانی، تا ساڵی ١٩٧٠ لە دەستەی پارێزگاریی تاڵەبانی پێشمەرگە بوو. پاش تێكەڵبوونەوەی هەردوو باڵی پارتی، گەڕایەوە بۆ كەركوك. لە ساڵی ١٩٧١دا لە ڕێگەی عەلی بچكۆڵەوە كە كادیری ڕێكخستن بوو، پەیوەندیی بە كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردو بۆ ساڵی دواتر كەوتە كاركردن لەگەڵ فەرەیدون عەبدولقادر كە ئەندامی سەركردایەتیی كۆمەڵە بوو.

دڵسۆزیی بۆ كۆمەڵە هانیدا زەوییەكەی خۆی لە كەركوك پێشكەش بەڕێكخستنی كۆمەڵە بكاو بە پارەی خۆیشی خانوویەكی لەسەر دروست بكا بە جۆرێك كە بگونجێ لەگەڵ پێداویستییەكانی ڕێكخستنی نهێنیدا. هەر لەو خانووەدا یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی «ئاڵای سور» چاپ كرا.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەست پێكردنەوەی شەڕ لە نێوان كوردو حكومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە كردو لەگوندی قرخ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێكردەوە. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ كەركوك و درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی دا لە ناو ڕێكخستنی كۆمەڵەدا. ساڵی ١٩٧٨ پاش ئەوەی كە كۆمیتە بڕیاری دروستكردنی شانەی چەكداریدا لە ناو كەركوك، بووە لێپرسراوی شانەیەكی چەكدارو هەندێ چالاكیی شۆڕشگێڕانەی ئەنجام دا.

ساڵی ١٩٨١ دوا بەدوای بوونی ئەحمەد كرێكار بە پێشمەرگە، بەڕێوەبردنی كاروباری كۆمیتەی ئاگری بە شێوەیەكی كاتی گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر لەشاڵاوێكی فراوانی دەزگا ئەمنییەكان لە دژی ڕێكخستنەكانی كۆمیتەی ئاگر، دەستگیر كراو دادگا بۆ ماوەی ١٥ ساڵ فەرمانی زیندانی كردنی بۆ دەركرد. ساڵی ١٩٨٢ بە لێبوردنی گشتی ئازاد كراو ساڵی دواتر لە ناوچەی سەنگاو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە كرد. ساڵی ١٩٨٤ گوێزرایەوە بۆ بەشی گومرگ و تا ساڵی ١٩٨٩ لەوێ خزمەتی كرد. ساڵی ٢٠١٠ لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا خانەنشین كرا.

## حەوێز برایم سەمەد هیرانی*



کادیرو پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. ناسراو بە حەوێز مام برایم . لەدایکبوی ساڵی ۱۹۳۸ی گەڕەکی بێلینگەی شارۆچکەی هیران لە پارێزگای هەولێر. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەری بەگزادەیە. لەبەر نەبونی خوێندنگە لە هیران، نەخراوەتە بەر خوێندن.

ساڵی ۱۹۵۸ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە و هەر ئەو ساڵەش بۆتە سەربازو ڕەوانەی ئوردون کراوە. ساڵی ۱۹۶۱ بەشدار بوو لەو بزوتنەوەیەی کە خێڵەکان لە دژی حکومەتی جەنرال عەبدولکەریم قاسم هەڵیانگیرساندو لە چیای سەفین رۆڵێکی پێشەنگی گێڕا. بە هۆی ئەم بەشدارییەی لە بزوتنەوەکەدا، دەزگا ئەمنییەکان دایکیو کوڕو کچێکیان بۆ ماوەی ۱۸ مانگ لە زیندانی موسل دەستبەسەر کرد.

لە ژیانی شۆڕشگێڕانەیدا چاپوك و چاونەترس بووە بە ڕادەیەك کە لە ماوەیەکی کورتدا وەك پێشمەرگەیەکی دلێر ناوبانگی دەرکردوەو لە چەندین چالاکیدا، لەوانە ئۆپەراسیونی گرتنی بنکەی پۆلیسی رایات کە تێیدا فەرماندەکانی برنەوێکیان بە دیاری پێ بەخشیوە، ئازایەتییەکی بێ وێنەی نواندووە. دواتر کرایە جێگری فەرماندەی لق لە هێزی سەفین.

ساڵی ۱۹٦٤ دوای پەرەسەندنی دوبەرەکیی ناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیدابونی دوو باڵ، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. ساڵی ۱۹۷٤، دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی بەعسدا پاش ئاگربڕێکی چوار ساڵی، بەشداریی لە شۆڕشدا کردو لەو ساڵەدا باوکی کە ڕۆڵی دادوەری لەشۆڕشدا دەبینی و ئامۆزایەکی لە بۆردومانی فڕۆکەدا شەهید بون. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷۵، ماوەیەك ئاوارەی ئێران بوو، دواتر گەڕایەوە بۆ عیراق.

لە کۆتایی ساڵی ۱۹۷۵ لە ڕێی عەلی عەسکەریو سەعدی عەزیزو خالید سەعیدەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر، پێش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بە ماوەیەکی کەم، ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا کە بچێتە بەغداو پەیوەندی بەچەند وەزیرێکی کوردەوە بکاو داوایان لێ بکا واز لە وەزارەت بێننو بەشداری لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا بکەن. بەڵام وەزیرەکان دەستبەرداری پۆستەکانیان نەبون و بەشدارییان لەدەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا نەکرد.

کۆتایی ساڵی ۱۹۷٦ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لێپرسراوەتیی ناوچەی خۆشناوەتیی گرتە ئەستۆ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە. هەرچەند ئەمجارە تەمەنی پێشمەرگایەتیی نزیکەی ۲۲ مانگ بووە، بەڵام لەو ماوەیەدا پێنج جار بە سەختی بریندار بووە.

شەوی ۱۷ لەسەر ۱۸ی ئابی ساڵی ۱۹۷۸ لە نێوان گوندی کوڵکەڕەشو کاموسەك کەوتە بۆسەیەکی جاشو هێزێکی کۆماندۆ، پاش شەڕێکی دەستەویەخە کە تێیدا سێ جاش کوژرانو دووانی تریش بریندار بون، شەهید کرا. هێزەکانی سوپای عیراق

ئەوەندە لێی داخ لەدڵ بون، ویستیان تەرمەکەی بەدوای ئۆتومبیلەوە راکێشن و بە شەقلاوەدا بیگێڕن بەڵام دانیشتوانی هیران چونە سەریان و نەیانهێشت ئەم کارە بکەن. لە پاش خۆی چەند هۆنراوەیەکی کلاسیکیی بەجێ هێشتووە.

ساڵی ۱۹۹۲ لە شارۆچکەی هیران پەیکەرێکی بۆ دروست کراو لە ۱۸ی ئابدا، لە یادی چواردەهەمی شەهیدبونیدا، بە ئامادەبونی بەرپرسانی حزبیو حکومیو جەماوەرێکی زۆری ناوچەکە، پەردەی لەسەر لابرا. ساڵی ۱۹۹٦دا لە شەڕی ناوخۆدا پەیکەرەکە تێك شکێنرا.

ساڵی ۲۰۰۷ بە بڕیاری لێپرساوی نەخۆشخانەکانی شۆڕش، دکتۆر محەمەد خۆشناو، نەخۆشخانەیەك بە ناوی مەڵبەندی تەندروستیی شەهید حەویزەوە لە دۆڵی هیران، لە شوێنێکی نزیك لەو شوێنەی کەلێی شەهید ببوو، دروست کراو لە ۲٤ی نیساندا لە ڕێو ڕەسمێکدا کە بەرپرسانی حزبیو حکومیو جەماوەرێکی زۆر ئامادە بون تێیدا، بە شێوەیەکی فەرمی کرایەوە.

هەروەها لە ساڵی ۲۰۰۸دا پەیکەرێکی تری بۆ دروست کراو لەڕێو ڕەسمێکدا کە لە۱۸ی نیساندا هەر یەك لە مەڵبەندی ڕێکخستنی کۆیەو مەڵبەندی ڕێکخستنی شەقلاوە سازیان کردبوو، بەئامادەبونی بەرپرسانی حزبیو حکومیو جەماوەرێکی زۆر، مستەفا چاوڕەش ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پەردەی لەسەر پەیکەرەکە لادا. تێچووی دروست کردنی پەیکەرەکە، قادر عەزیز، سکرتێری ئەو کاتەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و هاوڕێو هاوسەنگەری شەهید، لە ئەستۆی گرتبوو. لەو ڕێو ڕەسمەدا هاوڕێیانو هاوسەنگەرەکانی شەهید، هەر یەك لە قادر عەزیز، دکتۆر خدر مەعسوم، سەلاح شێخ شەرەف، عەلی حەویز، کارزان شەقلاوەیی، دڵشاد مام ڕەزاو کوردۆ گەرۆتەیی بیرەوەرییەکانی خۆیان لەگەڵ شەهید گێڕایەوەو وتاری بنەماڵەی شەهیدیش لە لایەن نەوجەوانی کوڕی شەهیدەوە خوێندرایەوە.

## حیکمەت نیعمەت عەلی



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە. ناسراو بە سەید حیکمەت گردعازەبانی. لەدایکبوی ساڵی ۱۹٥۰ی گەڕەکی گلکەندی شاری هەولێر. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی بازرگانیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ۱۹۸۰ پەیوەندیی بە کۆمیتەی ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی پاشتر لەلای ئەنوەر حەسەن لە سنوری هەرێمی دوو بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ۱۹۸۲ پاش پێکهێنانی تیپەکان، گوازراوەتەوە بۆ تیپی ۹۳ی کۆیەو تا ساڵی ۱۹۸۸ لە سنوری ئەو تیپە پێشمەرگایەتیی کردووە. ساڵی ۱۹۸۸ کرایە فەرماندەی کەرت و هەندێ ئەرکی پارتیزانیی لە ناوچە چۆڵکراوەکان پێ سپێردرا. ساڵی ۱۹۹۰ لەبەتالیۆنی ٤ی باڵەك لێپرساوەتیی جێگری تیپی ۱۲ی سۆرانی گرتۆتە ئەستۆو تا ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ بە شێوەی پارتیزانانە ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیی بەجێ هێناوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار برینداربووە. جاری یەکەم و دووەم لە ساڵی ۱۹۸۳دا لە دوو

شەڕەکەی پوریجە و بنەباوی، جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٨٧دا بۆ جاری دووەم لە شەڕی بنەباوی.

دوای راپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ١٦ی تۆپخانە لە هێزی ١٠ی دەشتی هەولێر. پاش پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان کرایە جێگری فەرماندەی فەوج. لە ماوەی نێوان ١٩٩٤-١٩٩٦دا وەك فەرماندەی تیپ لە لەشکری بەرانەتی خزمەتی کردووە.

ساڵی ١٩٩٦ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەدا کردو پاشان کرایە فەرماندەی هێزی ٢٢٣ لەفەرماندەی ٥ی دوکان. ساڵی ١٩٩٧ پاش رێکخستنەوەی هێزەکان، کرایە جێگری فەرماندەی قەرەچوغ و هەر لەو ساڵەشدا لە شەڕی ناوخۆدا بریندار بوو.

ساڵی ٢٠٠٣، دوای روخانی رژێمی بەعس و لە چوارچێوەی پرۆسەی کەم کردنەوەی ژمارەی هێزی پێشمەرگەدا، لێپرسراوەتیی مەدەنیی پێ سپێردراو کرایە جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن. ساڵی ٢٠١٠ کرایە فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای ٢ی پۆلیسی نەوت و گاز. ساڵی ٢٠١٤ بەشدار بوو لە شەڕی دژ بەداعش و لە ناوچەی دوزخورماتوو بریندار بوو. ساڵی ٢٠١٥ پلەی بۆ جێگری فەرماندەی لیوای ٢ی پۆلیسی نەوت و گاز بەرز کرایەوە.

## خاڵخاڵان (تیپ)

تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان. یەکێکە لە تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. پێشتر بەشێکی تیپی ٢١ی کەرکوکی پێکهێناوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا، لە کاتێکدا کە چانسی بەردەوامبونی وتوویژی نێوان حکومەتی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەو کزی دەچوو، مەکتەبی عەسکەری بەرنامەیەکی بۆ پێداچونەوەی سنوری تیپەکان و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە داناو لەم سەروبەندەدا پلانێك بۆ پێکهێنانی تیپێکی نوێ لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك ئامادە کرا، بەڵام جێبەجێ کردنی پلانەکە بۆ ساڵی دواتر هێڵدرایەوە.

ساڵی ١٩٨٥ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ دوا بە دوای هەرەس هێنانی وتوویژ، بڕیار درا تیپێك بە ناوی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵانەوە لە سنوری کەرکوك پێك بهێنرێ و لەم سەروبەندەدا کەرتەکانی ٣ و ٤و ٥و نیوەی کەرتی تیپ لە تیپی ٢١ی کەرکوك جیا کرانەوەو تیپی ٢٥ی خاڵخاڵانیان لێ پێك هێنرا. فەرماندەیی تیپە تازەکە بە نەبەز ڕەشید ئەحمەد، جێگری فەرماندەی تیپی ٥٥ ی قەرەداغ، سپێردرا. سنوری تیپەکە ناوچەکانی قەڵاسیوکە، خاڵخاڵان، بەشێکی چەمی ڕەزان و چەمچەماڵ و بازیانی گرتەوە. هەر ئەو ساڵە نەبەز ڕەشید ئەحمەد بۆ سورداش گوێزرایەوەو فەرماندەیی تیپی ٢٣ی سورداشی پێ سپێردرا.

لەم سەروبەندەدا بڕیار درا مەحمود حاجی فەرەج کۆکۆیی فەرماندەی تیپی ١٥ی شارەزور بۆ خاڵخاڵان بگوێزرێتەوەو فەرماندەیی تیپەکە بگرێتە ئەستۆ. بەڵام کۆکۆیی پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە دەرچونی فەرمانی بونی بە فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، لە شەڕێکدا لە دۆڵی ئاکۆیان شەهید بوو. بۆیە دانا ئەحمەد مەجید نێردرایە خاڵخاڵان و فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٧ ڕەهبەر سەید برایم فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە بۆ خاڵخاڵان گوێزرایەوەو فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٩ دوا بەدوای کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان دوو فەرماندەی بۆ دانرا، یەکێکیان بە فەرماندەی پلە یەك و ئەوی تر بە فەرماندەی پلە دوو دانرا کە یەکێکیان عادل شەریف بوو و ئەوی تر خەلیل بێدەری.

تیپەکە چەند جێگرێکی فەرماندەی هەبوو لەوانە غەریب شێخ ڕەشید، وریا سور. لە هەندێ قۆناغدا سیروان کوێخا نەجم سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی تیپەکەی کردووە. هەروەك ژمارەیەك فەرماندەی کەرتی هەبوە لەوانە حەسۆی قالە داوود، عوبێد نەجم، نەهرۆ قەسرۆکی و سیروان کوێخا نەجم.

تیپی ٢٥ ی خاڵخاڵان یەکێ لە تیپە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە بووە، رۆڵێکی بەرچاوی لە سنوری دیاریکراوی خۆی هەبووەو بەشدارییەکی کاریگەریشی لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکاندا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی دابان- هەلاج (١٩٨٥)، قەیوان- ماوەت (١٩٨٦) و داستانی رزگاری (١٩٨٧). هەروەها بەشدارییەکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا کردووە، لەوانە رۆڵی کارای لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال لە دۆڵی جافەتی کە شان بە شانی تیپەکانی تر قورسترین شەڕی کردووە، بەتایبەتی لە بەرەکانی شارستێن، تەوەکەل و قەمچوغەو لەم سەروبەندەدا پێنج شەهیدی داوە کە یەکێکیان فەرماندەی کەرت بوە، دووانیان فەرماندەی مەفرەزە بون و دووانیش پێشمەرگە بون، سەرباری ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆری چالاکیی پێشمەرگانە لەوانە چالاکییەکانی کانی سپیلکە (١٩٨٥) و گۆپتەپە (١٩٨٧) بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی ٢١ی کەرکوك. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨ دا کادیرێکی ئەم تیپە بە ناوی کاوە حەویز قادر ناسراو بە هاوڕێ کاوە بەشدار بوو لە خولی فەرماندەیی تاران کە سوپای پاسدارانی ئێران بۆ هێزی پێشمەرگەی ساز کردبوو.

## خاڵە بەگ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی گەورەی هێزی پێشمەرگەیە بە فەرماندەیی مەحمود سەنگاوی لە نزیك گوندی خاڵە بەگی سەر بە ناحیەی تیلەکۆ لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٩. شوێنی شەڕەکە کە پێی دەوترێ پەینکەبڕاو ژمارەیەکی زۆر کەمپاین کاری تێدا دەکردو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق و جاشی لێ بوو.

بەپێی نەخشەی دانراو، هێزی پێشمەرگە هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر هێزەکەی دوژمن. ئەم کتوپڕییە رۆڵێکی بەرچاوی لە سەرلێشێواندنی هێزە پەلاماردراوەکەو زیادکردنی زیانەکانی هەبوو. لەم سەروبەندەدا هێزێکی تری دوژمن لە گوندی زەماوەنگەوە بە هانای هێزە پەلاماردراوەکەوە چوو. دەستەیەك پێشمەرگە لە هێزەکەی داو زیانێکی گەورەی پێ گەیاند. لەم چالاکییەدا ٨٠ سەربازو یەك جاش کوژران، ٨ ئۆتومبیل سوتێنران و چەردەیەك تەقەمەنی کەوتە دەستی پێشمەرگە.

هێزی پێشمەرگە یەك شەهیدی بە ناوی عەلی محەمەد حەسەن ناسراو بە سەرکەوت هەبوو کە تەرمەکەی لە شوێنی شەڕەکە بەجێ ماو دواتر برایە کەلارو لەوێ هاووڵاتییان بە شێوەیەکی شایستە بە خاکیان سپارد.

## خاڵە بەگ (چالاکی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگە پارتیزانەکانە لە ساڵی ١٩٨٩ لە ناوچەی شێروانە. مەفرەزەیەکی جاش لە لایەن دەزگای هەواڵگریی سوپای عیراقەوە بۆ گەڕان بەدوای دەستە پاتیزانەکاندا نێردرابوە ناوچەی شێروانە.

لە٧ی ئایاری ١٩٨٩ لە سەعات ٤,٣٠ی بەیانیدا جاشەکان لە نزیك گوندی کاولکراوی خاڵە بەگ کەوتنە بۆسەی پێشمەرگە پارتیزانەکان و درانە بەر رێژنەی گوللەو دوو جاشیان لێ کوژرا کە یەکێکیان خەڵکی گوندی کەڵەشێرەو سەردەستەی سەر بە یەکەی ژمارە ١٣٤٦٣ بوو، ئەوی تر خەڵکی گوندی کاولکراوی مێوەکەو سەر بە هەمان یەکە بوو.

# خالید بەکر ئەیوب



رۆژنامەنوس و کادیری میدیایی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر. هەردوو قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووەو پاشان چۆتە خانەی مامۆستایانی هەولێرو ساڵی ١٩٦٨ خوێندنی لەوێ تەواو کردووە.

لە کۆتایی شەستەکاندا تێکەڵ بە جیهانی سیاسەت و نوسین بووە. لە روی سیاسییەوە، هاوبیر بوو لەگەڵ تێڕوانینە سیاسییەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لەم رووەوە هیچ پابەندبونێکی حزبیی نەبوو و زیاتر وەك رۆشنبیرێکی چەپی سەربەخۆ دەرکەوت. هەر لەو قۆناغەشدا بە سودمەندبون لە شارەزایی تەواوی لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەندێ هۆنراوەی شاعیرانی کوردی لە کوردییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، لەوانە وەرگێڕانی هۆنراوەیەکی محەمەد ساڵح دیلان بۆ سەر زمانی عەرەبی و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی «نور» کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەری دەکرد. دەقە وەرگێڕدراوەکە یەکەم بابەت بوو کە لە میدیادا بڵاوی بکاتەوە. بڵاوکردنەوەی دەقە وەرگێڕدراوەکە بەڵگەی ئەوە بوو کە ئاستی وەرگێڕانەکەی بۆ سەر زمانی عەرەبی ئاستێکی بەرز بووە. ئەمەش هاندەر بوو بۆ بەردەوامبونی لەسەر نوسین و وەرگێڕان و لەو ماوەیەدا چەند بابەتێکی لە رۆژنامەی «هاوکاری» بڵاو کردەوە، سەرباری ئەوەی کە پێشەکیی بۆ دیوانە شیعری «دولبەرو دڵداری»ی شاعیری میللی حەبیب محەمەد میران نوسی.

هەرچەند پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندییەکی رێکخراوەیی نەبوو، بەڵام ئەو زۆر لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە نزیك بوو و بەشێکی هاوڕێ و کەسوکاری وەك پردێك وا بون لە نێوان ئەوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەوانە براکەی، فەرید زامدار، کە لە ساڵی ١٩٧٠ وە ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو.

ساڵی ١٩٩٤ پەیوەندیی بە دەزگای ناوەندیی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو وەك ئەندامی دەستەی نوسەران کاری لە خولی یەکەمی رۆژنامەی «ئیتتیحاد»دا کردو هەر لەو ماوەیەشدا توێژینەوەیەکی لەسەر گیروگرفتی سۆمال لە گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیدا بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩٩٥ بووە بەڕێوەبەری نوسین لە رۆژنامەی «ئیتتیحاد». ئەم قۆناغەی ژیانی لە بواری نوسیندا بە قۆناغێکی بەبرشت دەژمێردرێ کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر وتاری لە رۆژنامەکاندا بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە لەوانە رۆژنامەکانی «کوردستانی نوێ» و «رێگای کوردستان» و «موئتەمەر»ی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (INS)، سەرباری بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری وتارەکانی لە رۆژنامەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق.

لە ساڵی ١٩٩٩ دا لە بەشی راگەیاندنی لقی هەولێری کۆمەڵەی هیوا کاری کردو بڵاوکراوەیەکی وەرزیی بە ناوی «پەیامی هیوا» بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرکرد.


ساڵی ٢٠٠٣ پاش دابڕانێکی دورو درێژ، گەڕایەوە سەر کارکردن لە رۆژنامەی «ئیتتیحاد» لە خولی سێیەمیدا کە تێیدا رۆژنامەکە لە بەغدا دەردەچو. لەو قۆناغەدا کرایە لێپرسراوی ئۆفیسی «ئیتتیحاد» لە هەولێر.

ساڵی ٢٠٠٤ پاش یەکگرتنەوەی یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، لەسەر پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیریی سەندیکاو سکرتێری نوسینی گۆڤاری «ڕۆژنامەنوس» دانرا و دواتر بووە جێگری سەرنوسەری گۆڤارەکە. لە هەمان کاتدا لێپرساوەتیی سکرتێری نوسینی گۆڤاری «ئەلسەحەفی»ی ئۆرگانی عەرەبیی سەندیکای گرتە ئەستۆ. لەو گۆڤارەدا گۆشەیەکی بە ناوی «اکلیل» هەبوو کە دواتر بابەتەکانی کران بە کتێبێك بە هەمان ناونیشان و لەسەر ئەرکی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان چاپ کران.

لە ١٢ی نیسانی ٢٠١٩ دا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

*ئیتتیحاد (ڕۆژنامە).




## خالید دۆسکی



پێشمەرگەی دێرین و کادیری ڕاگەیاندن. ناوی تەواوی خالید عەبدولڕەحمان ئەحمەد محەمەد. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی دهۆك. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە دهۆك تەواو کردوەو ساڵی ١٩٨٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بەرگەلۆو لە بارەگای دەزگای ڕاگەیاندن گیرسایەوەو لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان وەك بێژەرو نوسەرو وەرگێڕ لە بەشی کرمانجیی سەروو کاری کرد.

ساڵی ١٩٩١ لە بریتانیا گیرسایەوەو دەستی بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی کرد لەئەکتن کۆلێج و لامبیس کۆلێج و ولێزدن کۆلێج. ساڵی ١٩٩٢ وەك ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی بریتانیا کاری کردو لە ساڵی ١٩٩٥دا بوو بەکارگێڕی کۆمیتە. لە ماوەی نێوان ١٩٩٦- ١٩٩٨ وەك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن لێپرساوەتیی بەشی ڕاگەیاندنی گرتە ئەستۆو ماوەیەك سەرنوسەری مانگنامەی «مەڵبەند» بوو. ساڵی ٢٠٠١ بووە کارگێڕ لە مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی و بۆ ساڵی دواتر سەرپەرشتیی بڵاوکراوەی «تیشك»ی کرد کە مەڵبەند لە بریتانیا دەری دەکرد. لە ماوەی نێوان ٢٠٠٣- ٢٠٠٤دا لە پراگی پایتەختی چیکیا وەك بێژەر و نوسەرو وەرگێڕ لە ڕادیۆی


عیراقی ئازادو رادیۆی ئەوروپای ئازاددا کاری کردو لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ بەشی کوردیی رادیۆی دەنگی ئەمریکادا هەماهەنگیی هەبوو.

ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ کوردستان و وەك ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن و سەرپەرشتیاری ڕاگەیاندنی یەکێتی لە بادینان دەستبەکار بوو. لەپاڵ ئەم کارەی، لە ماوەی ٢٠٠٥- ٢٠٠٦دا سەرنوسەری ڕۆژنامەی «بەهدینان» بووەو وەك ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکیش سەرۆکایەتیی لیستی یەکێتیی کردووە لە ناو ئەنجومەنەکەدا و لە ساڵی ٢٠٠٩وە تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم، لێپرساوەتیی مەڵبەندی ٢٦ی زاخۆی گرتۆتە ئەستۆ. هەروەها تا ساڵی ٢٠١٢ بەڕێوەبەری کەناڵی دهۆکی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بووە و دواتر تا ساڵی ٢٠١٤ بەڕێوەبەری سەتەلایتی بادینان سات بووە. لە ساڵی ٢٠١٤دا بووە وەزیری ڕۆشنبیریی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بابەتی پەیوەندیدار:

*بەهدینان (ڕۆژنامە).

## خالید سابیر عوسمان*



کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە نەبەز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر. لەخێزانێکی هەژاری کوردپەروەر بووە. هەر لەو گەڕەکە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٠، دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار، پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو دواتریش بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.


ساڵی ١٩٧١ چۆتە کەڵەکی یاسین ئاغا بۆ خوێندن لە ئامادەیی کشتوکاڵ بەڵام لەبەر هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە نێوان کوردو حکومەتی عێراقدا، وازی لە خوێندن هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ماوەیەکی کەم ئاوارەی ئێران بوو، پاشان ئێرانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ هەولێر. ساڵی پاشتر، خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵی تەواو کردو لە بەڕێوەبەرایەتیی ڤێتێرنەریی هەولێر دامەزرا. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

لە١١ی ئایاری ١٩٧٧دا دەزگا ئەمنییەکان شاڵاوێکی گرتن و ڕاوەدونانیان لە دژی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە هەولێر دەست پێکرد کە تێیدا ژمارەیەك لەئەندامانی ڕێکخستن دەستگیر کران. بەڵام ئەو لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری ڕێکخستندا لەوانە شاخەوان عەباس و محەمەد عەجەم و ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود ناسراو بە ڕێباز، توانییان خۆیان دەرباز بکەن و نەکەونە دەست دەزگا ئەمنییەکانەوە. دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە پێشمەرگایەتیدا ئەرکی ڕێکخستنی گرتە ئەستۆ. ئەم ئەرکەش پێویستی دەکرد ناوبەناو دزە بکاتە ناو شاری هەولێرو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانەوە بکا.

لە ئایاری ١٩٧٨ بۆ دوایین جار لە ژیانیدا خۆی و محەمەد عەجەم بەئیشوکاری ڕێکخستن چوونە ناو شاری هەولێرو چەند ڕۆژێك تێیدا مانەوە. ئێوارەی ٩ی ئایار لە کاتی خۆئامادەکردندا بۆ گەڕانەوە بۆ پێشمەرگایەتی، لەگۆڕستانی سەید مەعروف، خۆی و محەمەد عەجەم کەوتنە بۆسەوەو شەهید کران.

# خالید سەعید*



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٤ی کۆیە. لە ساڵانی پەنجاکاندا لە ڕێگەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە چووەتە ناو جیهانی سیاسەت و دواتر بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٥٨، پاش ڕاگەیاندنی کۆماری عیراق و بە ئاشکرا کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بووەتە ئەندامی لیژنەی کۆیە.

لە کاتی سەرهەڵدانی یاخیبوونە خێڵەکییەکەی ئەیلولی ١٩٦١ لە دژی حکومەتی جەنراڵ عەبدولکەریم قاسم، پشتگیریی خێڵەکانی کردو لەگەڵیاندا چەکی هەڵگرت. پاش بڵاوە لێ کردنی خێڵەکان، خۆی و چەند پێشمەرگەیەك لە شاخ مانەوە تا ئەو کاتەی جوڵانەوەکە لە ساڵی ١٩٦٢ ڕێکخرایەوە.

لە پێشمەرگایەتیدا لێوەشاوەییەکی زۆری نواندوەو بە هۆی ئەمەوە سەرەتا بووە بەسەرلق و پاشان بووە بە فەرماندەی بەتالیۆن و هەندێ جاریش فەرماندەیی هەندێ هێزی گەڕۆکی کردوەو بەشداریی لە دەیان شەڕی گەورەو سەخت کردوە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە شاری ورمێ بەشداریی لەو کۆبوونەوەیەدا کرد کە بۆ تاوتوێ کردنی باری گلاوی کورد، هەندێ لە کادیران و بەرپرسەکانی پێشووی پارتی، بەستبویان و لەوێ بڕیاریان دا کە بگەڕێنەوە بۆ عیراق. پاش گەڕانەوەی بۆ عیراق، ڕژێمی بەعس دووری خستەوەو لە نەخۆشخانەی شەمماعیە لە بەغدا بە موچەخۆر دایمەزراند. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا دامەزراند.

هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا کردو یەکێ لەو سەرکردانەی بزوتنەوە بوو کە پێی باش بوو بزووتنەوە ببێ بە باڵێکی ناو یەکێتی. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ جێبەجێ کردنی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، چوو بۆ شاخ. ساڵی ١٩٧٧ لە کۆبوونەوەی برادۆست بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بەهاری ١٩٧٨ لە ڕەتلی یەکەمی ئەو هێزە بوو کە یەکێتی بۆ سەر سنوری عیراق - تورکیای نارد بۆ دانانی بنکە لە برادۆست و وەرگرتنی بڕێک چەك کە نیاز وابوو لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە.

لە قۆناغی دوایی ژیانیدا بە هۆی کێشمە کێشمەکانی ناو سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیست و نەسازانی پێکهاتەکەیەوە، خەریک بوو بێزار دەبوو لە مانەوە لە ناو بزوتنەوە. بۆیە، لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان باسی کردبوو کە پاش گەڕانەوەی لە برادۆست، واز لە بزوتنەوە دێنێ و پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە دەکات.

لە تەموزدا، دوا بەدوای یەکگرتنەوەی ڕەتلی یەکەم و دووەمی هێزەکان، لە ناوچەی هەکاری، پاش شەڕێکی نابەرامبەر لەگەڵ

چەکدارە خێڵەکییەکانی ناوچەکەدا، خۆی و عەلی عەسکەری و دەیان کادیرو پێشمەرگە کەوتنە دەست ئەو چەکدارانە کە ئەوانیش دواتر رادەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کردن.

هەر ئەو ساڵە خۆی و عەلی عەسکەری و حسێن بابە شێخ پێکەوە شوێن بزر کران و تا ئێستا شوێنبزرن.

بابەتی پەیوەندیدار:


* بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.
* هەکاری (ئۆپەراسیۆن).

## خالید شوانی



پەرلەمانتارو ئەندامی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی خالید سەلام سەعید شوانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٥ی شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٧ لە کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆ لە بەغدا وەرگیراوەو ساڵی ١٩٩١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە.

ساڵی ١٩٩٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ٢٠٠٢ لە سلێمانی بەکارمەند لە وەزارەتی دارایی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە. ساڵی ٢٠٠٣ لە بواری ڕێکخستندا پلەی ئەندامی کۆمیتەی وەرگرتووە. پاش روخانی رژێمی بەعس، لە مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك لێپرسراوەتیی




ڕێکخستنی مافپەروەران و پارێزەرانی پێ سپێردراوە.

ساڵی ٢٠٠٦ بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٨ لە پاڵ ئەوەی کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بووە، کراوەتە ئەندامی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەغدا. ساڵی ٢٠١٠ لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە ئەندام هەڵبژێردرایەوە. لە ژیانی پەرلەمانیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق چەند لێپرسراوەتییەکی گرنگی وەرگرتووە وەك سەرۆکایەتیی لیژنەی یاسایی، ئەندامەتیی لیژنەی چاودێریی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠و هەروەها سەرپەرشتیاری کەیسی دادگایی کردنی لێپرسراوانی رژێمی بەعس بووە لە مەسەلەی تاوانەکانی جینۆساید و پاکتاوی رەگەزیدا. هەر ئەو ساڵە ئەندامی لیژنەی باڵای دانوستان بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان کە بە چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا بەڕێوە چووە.

لە كۆنگرەی سێیەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كە ساڵی ٢٠١٠ لە سلێمانی بەسترا، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەكردایەتی هەڵبژێردرا.

پاش هەڵبژاردنی دكتۆر فوئاد مەعسوم بە سەرۆكی كۆماری عیراق، بووە راوێژكاری سەرۆكی كۆمار و لە كانوونی یەكەمی ٢٠١٤دا كرایە وتەبێژی فەرمیی سەرۆكایەتیی كۆمار.

ساڵی ٢٠١٨ بڕوانامەی ماستەری لەسەر تێزی «كاریگەریی باری نائاسایی لەسەر پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەكانی دەوڵەت» لە كۆلێجی یاسا و زانستە سیاسییەكانی زانكۆی كەركوك بەدەست هێنا. ساڵی دواتر تێزەكەی لە كتێبێكدا بە هەمان ناونیشان لە بەیروت چاپ كرا.

ساڵی ٢٠١٩ بووە وەزیری هەرێم لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان و لە ئەیلولی هەمان ساڵ بەڕێوەبردنی دۆسیێ دانوستانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدرالی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە كۆنگرەی چوارەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستاندا، لەسەر بازنەی كەركوك، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی هەڵبژێردرا.

## خالید عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا*



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون. ناسراو بە مەلا خالید. لەدایكبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی موغاغ لە سنوری ناوچەی سورداش. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە گوندەكەی خۆی تەواو كردووە. لە سۆنگەی هەژارییەوە وازی لە خوێندن هێناوەو سەرقاڵ بووە بە بەشداری كردن لە دابین كردنی بژێویی خێزانەكەی.

ساڵی ١٩٧٥ لە سورداش بە پۆلیس دامەزرا. هەر ئەو ساڵە، باوكی لە شاڵاوێكی رەشبگیردا لە لایەن دەزگا ئەمنییەكانەوە دەستگیر كراو لە گرتوخانە زۆر ئەشكەنجە درا. دوای دەستگیر كردنی، ماڵیان گواستەوە بۆ سلێمانی‌و لەوێ نیشتەجێ بون. روداوی دەستگیركردنی باوكی كە تێڕوانینی كوردپەروەرانەی هەبوەو لە شەستەكاندا كوردایەتی‌و پێشمەرگایەتیی كردووە، كاریگەریی زۆری لەسەر بیرو بۆچونی كوردپەروەرانەی هەبوو. ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە كردو لەو ماوەیەدا لە ناو ڕێكخستنەكاندا پێشمەرگەی ناو شار بوو و بەشدار بوو لە چەند چالاكییەكی شۆڕشگێڕانەدا. ساڵی ١٩٧٧ باوكی لە زیندان ئازاد كرا، بەڵام پاش چەند رۆژێك لە ئازادكردنی، بە هۆی كاریگەریی ئەشكەنجەدانی‌و دژواریی ژیانی ناو گرتوخانەوە، كۆچی دوایی كرد. هەر ئەو ساڵە خالید بەچەكی خۆیەوە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە كردو لە هەرێمی دوو بوو پێشمەرگە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا رۆڵێكی باڵای لە چالاكییەكانی هێزی پێشمەرگەدا هەبوە. ساڵی ١٩٧٩ لە شەڕێكدا لە گوندی قازان لە نزیك تاسڵوجەی سلێمانی بە سەختی بریندار بوو، لە شەڕی بۆگدی دەشتی كۆیە لە هەمان ساڵ رۆڵێكی دیاری گێڕا. لەو شەڕەدا هەردوو برای، كامیل و خەلیل، كە پێشمەرگە بون لە هێزەكەدا، شەهید بون. ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بوو لە گەورەترین ئۆپەراسیۆنی ئەو كاتەی هێزی پێشمەرگەدا، كە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوانە

لە کوردستانی رۆژهەڵات بۆ پشتیوانی کردن لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

ساڵی ١٩٨٣ کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٢٣ی سورداش. ساڵی ١٩٨٤ کەساڵی وتووێژی نێوان حکومەتی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، نەشتەرگەریی دڵی بۆ کرا. ساڵی ١٩٨٧ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی تیپەکە. پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی حەوت.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەرکەکانی خۆی وەك فەرماندەی بەتالیۆن بە ڕێکوپێکی جێبەجێ‌کردو بەشدارییەکی کارای لە رزگارکردنی شارەکاندا کرد. هەر ئەو ساڵە لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق کە تازە شاری کەرکوکیان گرتبۆوە، لە شارۆچکەی قەرەهەنجیر شەهید کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* پیرەمەگرون تیپ.

## خالید گەرمیانی*



پێشمەرگە و فەرمانەدەی کەرت. ناوی تەواوی جەمال کەریم محەمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی کوردەمیری حاجی حسێنی ناوچەی پێباز لە گەرمیان. ساڵی ١٩٧٤ ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو بەڵام دواتر وازی لەو حزبە هێناوەو هیچ پەیوەندییەکی پێوە نەماوە. لە ساڵی ١٩٧٧دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ لە مەفرەزەکەی فەیسەڵ رەشید تاڵەبانی، فەرماندەی کەرتی یەکی هەرێمی ٥ی قەداغ، بۆتە پێشمەرگە.

بە هۆی لێهاتوییەوە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا زوو گەشەی کرد. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی مەفرەزەو نێردرایە ناوچەی گەرمیان. لەو کاتەدا گەرمیان تەنها یەك مەفرەزەی پێشمەرگەی لێ بووە. لەوێ لە ماوەیەکی کەمدا پەرەی بە چالاکییەکانی پێشمەرگە داو ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی‌و رێکخستنی پێکەوە گرتە ئەستۆ. لە سۆنگەی باش رایی کردنی کاروبارەوە، ژمارەی پێشمەرگەکانی گەرمیان زیادی کردو چەندین شانەی رێکخستن لە گوندو شارۆچکەکان دروست کران. ساڵی دواتر کەرتی ٥ی دوز پێك هێنراو گەرمیانی کرایە فەرماندەی کەرتەکە.

یەکێ لە بەناوبانگترین چالاکییەکانی کە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناوچەکەدا هەبووە، بەدیل گرتنی کوڕی قایمقامی کفرییە. ساڵی ١٩٨٠ دەزگا ئەمنییەکانی کفری دوو کادیری رێکخستنیان بە ناوی عوسمان خەلیفە عەلی‌و سیروان رەشید دەستگیر کرد. لە بەرامبەردا، گەرمیانی لە بۆسەیەکدا کوڕی قایمقامی کفریی بەدیل گرت و بەدوو کادیرەکەی رێکخستنی گۆڕییەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ دا بڕیار درا بگوازرێتەوە بۆ کەرتی جەباری. لە کاتێکدا خۆی ئامادە کردبوو بچێ بۆ ناوچەی جەباری، لە ٨ی کانونی یەکەمی ١٩٨٠دا لە کاتێکدا کە لەگوندی کەسنەزانەوە بەرەو گوندی قازانقایەی قەرەداغ بەڕێ کەوتبوو، کەوتە بۆسەی هێزێکی گەورەی سوپای عیراقەوەو پاش بەرگرییەکی سەخت شەهید کرا. تەرمی لە گوندی تەنگیسەر بە تەنیشت گۆڕی شاسوار جەلالەوە بە خاك سپێردرا.

## پاشکۆ

### چۆنێتیی رزگارکردنی عوسمان خەلیفە عەلی و سیروان رەشید لە پەتی سێدارە
### (وتار)
### نوسینی: عەبدوڵڵا کۆشکی

ساڵی ١٩٨٠ خالید گەرمیانی فەرماندەی کەرتی ٥ی هەرێمی ٥ی قەرەداغ بوو. لەگوندەکانی داوودە جەولەمان دەکرد. گەرمیانی کۆبونەوەیەکی پێ کردین، گوتی دەڕۆینە سەر جادەی دوزخورماتوو-کفری بۆ چالاکی. پاش دیاری کردنی ئەرکەکان، بەڕێ کەوتین. عەسر گەیشتینە سەر جادەکەو بۆسەیەکی توندوتۆڵمان نایەوە. پاش راگرتنی ژمارەیەك ئوتومبیل، کوڕی قایمقامەکەی کفری کە ناوی مەروان بوو، کەوتە بۆسەکەوەو دەستگیرمان کرد. بەپێی نەخشەی دانراو، پاشەکشەمان کرد. هەر ئەو شەوە بەڕێ کەوتین و دەستگیرکراوەکەشمان لەگەڵ خۆماندا هێنا. بەیانییەکەی، پاش مەلا بانگدان، گەیشتینە گوندی قەواڵی.

قایمقام هەر هەمان شەو کە زانی بووی کوڕەکەی لە لایەن پێشمەرگەوە دەستبەسەر کراوە، خۆی گەیاندبوە لای شێخ عەتا تاڵەبانیی بەڕێوەبەری شارەوانیی کفری، گوتبوی «فریام کەوە، مەروانی کوڕم پێشمەرگە گرتویەتی. دەڵێن خالید گەرمیانی لە لای گوندی کنگربان گرتویەتی. داوات لێ دەکەم بڕۆی بۆ لای پێشمەرگە. بەو مەرجەی نەیکوژن، چ داواکارییەکیان هەیە بۆیان جێبەجێ دەکەم».

شێخ عەتا تاڵەبانی پێش ئێمە گەیشتبووە گوندی قەواڵی. لە ماڵی کوێخا برایم بوو. کوڕەکەی کە ناوی فازل بوو، هات و بە خالید گەرمیانیی گوت «شێخ عەتا تاڵەبانی لە ماڵی ئێمەیە، دەیەوێ بتبینێت و دەربارەی مەروانی کوڕی قایمقام قسەت لەگەڵ بکات».

خالید گەرمیانی و دوو پێشمەرگە رۆیشتن و پاش نیو سەعات هاتنەوە. گەرمیانی وتی «شێخ عەتا قایمقام ناردویەتی بۆ ئەوەی مەروان نەکوژین. گوتویەتی چییان دەوێ بۆیان دەکەم. منیش بەرامبەر بە مەروان، داوای عوسمان خەلیفە عەلی و سیروان رەشیدم کردووە. هەردوکیان ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانن. لە بەندیخانەی کفری گیراون. بڕیار وایە سەری ئەم هەفتەیە بیانبەن بۆ موسل. من ئەمەم داوا کردووە. ماوەی ٢٤ کاژێرم داناوە. دەبێ بۆ وتووێژ بێت. گیراوەکان لە نێوان گوندی خان و کفری دەگۆڕینەوە. ئەوان سەعات ١٢ی نیوەڕۆ، دوو گیراوەکە بۆ گوندی خان دەهێنن بەو مەرجەی لە یەك ئوتومبیل زیاتر نەهێنن. هەر هەڵەیەك لەم رێککەوتنە روو بدات، مەروان دەکوژرێ». ئینجا پرسی: برادەران، ئێوە چی دەڵێن؟ ئێمەش زۆرمان پێ باش بوو.

ئێمە چوینە هەردەی نێوان باوەکرو خان. زۆر بە وریایی چاودێریی ناوچەکەمان کرد. چاوەڕوانی وادەکە بوین. ئەوانیش لە کاتی خۆیدا هاتن. تەماشامان کرد بە یەك ئوتومبیل هاتون. هەردوو ناوبراویان هێنا بوو. ئێمە چوینە گوندەکەو لەوێ مەروانمان ئازاد کرد. دامانە دەست شێخ عەتا تاڵەبانی و یەکسەر عوسمان خەلیفە عەلی و سیروان رەشیدمان وەرگرت.

بەشداربووانی ئەم چالاکییە ئەمانە بوون:
١-خالید گەرمیانی (فەرماندەی کەرت).
٢-والی قوبەیی.
٣-فەرهاد ئۆمەربلی.
٤-ناسیح عەول فەتاح.

٥-هەڵکەوت ئۆمەربلی.
٦-عەلی باوە نوری.
٧-عوسمان تلیشانی.
٨-عەبدوڵڵا کۆشکی.
٩-مام ساڵح سەید مراوە.

سەرچاوە: گۆڤاری «چیا»، ژمارە ٤٦، ئایارو حوزەیرانی ٢٠١٢، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، سلێمانی، ل ٦٥-٦٦.

## خالید محەمەد رەشید



پێشمەرگە و پزیشکی شۆڕش. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی چەمچەماڵ. بەشێکی تافی منداڵیی لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٥ لە بەسرەو هەولێر بەسەر بردووە، ئەویش بە هۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و دورخستنەوەی باوکییەوە کە کارمەندی حکومەت بووە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندیی لە چەمچەماڵ تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کورستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خوێندکار، بۆ خوێندن روی لە ئاغجەلەر کردو تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ ٢٠ خوێندکاری هاوڕێی، بەشدارییەکی کارای لەو هەڵمەتەدا کرد کە ئامانجەکەی کردنەوەی دواناوەندییەکی تێکەڵاو بوو لە چەمچەماڵ. تا ئەو کاتە چەمچەماڵ هیچ دواناوەندیی لێ نەبوو. پێشتر دەرچووانی قۆناغی ناوەندی ئەگەر بیانویستایە خوێندن تەواو بکەن، دەبوایە بچنە کەرکوك یان سلێمانی.

ساڵی ١٩٨١ پەیمانگای باڵای پیشە تەندروستییەکانی کەرکوکی تەواو کردو هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر ژیانی پێشمەرگایەتیی هەڵبژارد، پەیوەندیی بە تیپی ٢١ی کەرکوکەوە کردو ئەو ماوەیەی وەك پێشمەرگەو هەروەها وەك پزیشکی شۆڕش بەسەر برد. هەر ئەو ساڵە بنکەیەکی تەندروستیی بە هاوکاریی حەمید محەمەد ئەمین بارام بۆ تیمارکردنی پێشمەرگەو گوندنشینەکان لە چەمی سورقاوشان دامەزراند. لەو ماوەیەدا بەشداریی لە چەند شەڕێکدا کردووە لەوانە شەڕەکانی چیمەن، بێتواتەو سەر جادەی پردێ- کەرکوك.

لە قۆناغی ئاگربڕی ساڵی ١٩٨٤دا، لەگەڵ هەر یەك لە هاوڕێ پزیشکەکانی، یوسف محەمەد عەزیز ناسراو بە دکتۆر شوان و فایق گوڵپی و ئاکۆ سەعید محەمەد، بەشداریی خولێکی نەشتەر گەریی کرد لە نەخۆشخانەی فێرکاریی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٥ بەشدار بوو لە دامەزراندنی نەخۆشخانەی بەرگەڵوو کە گەورەترین و پێشکەوتوترین نەخۆشخانە بوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا. هەروەها کاتێك دەزگای تەندروستیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ دامەزرا، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٥ سەرپەرشتیی لقی ئەو رێکخراوەی کرد لە مەرگەو لە ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٨ لێپرساوەتیی ژوری نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو پێ سپێردرا.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەرکە سەرەکییەکەی کاری پزیشکی بووە، بەڵام ئەمە ڕێی لەوە نەگرتبوو کە بەشداری لە هەندێ ئۆپەراسیۆنی گەورەدا بکا لەوانە ئۆپەراسیۆنی دابان-هەلاج (١٩٨٥)و داستانی رزگاری (١٩٨٧).

ساڵی ١٩٨٦ بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (KRA) کە بە یەکەم ڕێکخراوی فریاگوزاری کوردستان دەژمێردرێ.

ساڵی ١٩٨٨ پاش شاڵاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ئۆردوگای ئاوارەکان کاری پزیشکیی کردو دواتریش لەسەر سنور بەشدار بوو لە دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی گشتی لە گوندی نۆکان.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە ڕاپەڕیندا کردو دواتر لێپرساوەتیی سەرپەرشتی کردنی نەخۆشخانەی رانیەی گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیەدا، لە چوارچێوەی بەرنامەی هاندانی جوتیارە راگوێزراوەکان بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان، بەشدار بوو لەکردنەوەی چەندین نەخۆشخانەو تیمارگە لە ناوچە لادێنشینەکاندا.

ساڵی ١٩٩٢ پاش ئەوەی دەزگای تەندروستیی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی تەندروستیی مرۆیی خۆی ناساند، وەك لێپرساوی گشتیی فەرمانبەران کاری تێدا کردو ساڵی ١٩٩٧ بووە بەڕێوەبەری دەزگاکە.

ساڵی ٢٠٠٣ خانەنشین بوو. ساڵی ٢٠٠٧ خوێندنی لە کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆی سلێمانی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەدەست هێنا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (ڕێکخراوی فریاگوزار).

## خالید هەرکی




پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناوی تەواوی خالید عومەر میکائیل. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی شارۆچکەی پیرمام لە پارێزگای هەولێر. هەر لەوێش چۆتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووە. ئامادەیی کشتوکاڵی لە خەبات، کە ئەوسا پێی دەوترا کەڵەکی یاسین ئاغا، تەواو کردووەو دواتریش بەردەوام بووە لەسەر خوێندن تا لە ساڵی ٢٠١١ توانیویەتی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێجی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئازادی هۆلاند بەدەست بێنێ.

پەیوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتیدا بۆ ساڵی ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە، کاتێك باوکی لەو ساڵەدا بوو بە پێشمەرگە. ئەم ڕووداوە هەموو بنەماڵەکەی بەرەو ژیانی سیاسەت و کوردایەتی پاڵ پێوە نا. ساڵی ١٩٧٠ چووە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوەو دواتریش پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، چووە ریزی شۆڕشەوەو تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە ڕیزی شۆڕشدا مایەوە. پاشان گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی و دواتریش لە بانکی کشتوکاڵی شەقڵاوە بە فەرمانبەر دامەزرا.

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە




کرد. لە ئایاری ١٩٧٧ بەهۆی ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانەوە، لە لایەن دەزگای ئەمنەوە دەستگیر کراو پاش لێکۆڵینەوەیەکی وردو ئەشکەنجەدانێکی زۆر ڕەوانەی بەغدا کراو بە ١٠ ساڵ زیندانی حوکم درا. پاش زیاتر لە دوو ساڵ، لە ئابی ساڵی ١٩٧٩دا بەر لێبوردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا.

پاش ئازادبوونی بە ماوەیەکی کەم، پەیوەندیی بەڕێکخستنەوە کردەوەو لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی سنوری شەقڵاوەو هاوینە هەواری پیرمامی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندز بووە کادیری ڕێکخستن.

ساڵی ١٩٨٢ ساڵێکی سەخت بوو لە ژیانیدا. لەو ساڵەدا ڕژێمی عیراق دایك و باوکی دەستگیر کرد، ڕەوانەی بەغدای کردن و لە بەندیخانەی فزێلیە زیندانیی کردن. خۆیشی لە شەڕی ناوخۆدا بە دیل گیراو برایە بەندیخانەی زێوە لە نزیك شاری ورمێ لە ئێران، بەڵام پاش دوو مانگ دەرفەتێکی گونجاوی قۆستەوە، زیندانی شکاند و خۆی گەیاندە ناو ڕەوەندەکانی چیای قاسملوو، پاشان بە هۆی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەیشتە ناوزەنگ و لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان گیرسایەوە. دواتر وەک کادیری ڕێکخستن لە کەرتی تیپی ١٢ی سۆران کاری کردووە و پاشان بۆ کەرتی ڕیکخستنی ڕەواندز گوێزرایەوە.


ساڵی ١٩٨٤ وازی لەپێشمەرگایەتی هێنا، بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستندا نەپچڕاند، لەو ماوەیەدا لە ڕێکخراوی یەك کاری کرد و سەرپەرشتیی هێڵی شەهید شێرکۆی کرد لە سنوری شەقڵاوەو پیرمام. پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بە هەماهەنگی لەگەڵ تەحسین کاوانی، سەرپەرشتیی چەند شانەیەکی چەکداری کردو لە کاتی ڕاپەڕیندا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕزگارکردنی هاوینە هەواری پیرمام و خەباتدا بینی.

پاش ڕاپەڕین ماوەیەک بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هاوینەهەواری پیرمام. ساڵی ١٩٩٢ کرایە فەرماندەی هێزی ٢٩ی هاوینەهەواری پیرمام. لە ماوەی ١٩٩٣ - ١٩٩٥دا لە لەشکری یەکگرتووی کوردستان خزمەتی کرد.

ساڵی ٢٠٠٥ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ١٨ی ڕۆژئاواو ساڵی ٢٠١٠ لێپرسراوەتیی کۆمیتەی خەباتی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠١١ لە مەڵبەندی ڕێکخستنی ٣ی هەولێر وەك جێگری لێپرسراوی مەڵبەندو لێپرسراوی بەشی ڕووناکبیری دەستبەکار بوو.

وتارەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا بڵاوکراونەتەوە. شەش کتێبی لە عەرەبییەوە کردۆتە کوردی و بڵاوی کردوونەتەوە کە زۆربەی باس لە ڕووداوەکانی مێژوو و هەندێ کەسایەتیی بەناوبانگی وەك گیڤارا و ترۆتسکی و دیگۆل دەکەن.

## خانەی موعینی



کادیری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. ناوی تەواوی سەعید موعینی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی شاری مەهاباد. لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرە کە لە ساڵانی پەنجاکاندا تێکەڵ بە سیاسەت بووە. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە خوێندنگەی سەعدی تەواو کردووەو پاشان چۆتە خوێندنگەی ناوەندیی حەمە رەزا شاو لەوێ لە ڕشتەی ماتماتیکدا خوێندنی تەواو کردووە.

پاشان بەشداری کردنی لە کونکوری زانستگا، لە بەشی ئاماری زانکۆی تاران وەرگیرا. ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە کردو چالاکییەکی زۆری نواند. ساڵی ١٩٧٤ کەوتە ژێر چاودێریی دەزگای ئەمنییەتی ساواك و دواتر لە ناو زانکۆدا دەستگیر کراو ماوەیەکی زۆر بێ سەروشوێن کرا. لەو ماوەیەدا بۆ ماوەی ١٨ مانگ لە ژێر ئەشکەنجەدا مایەوە بەڵام خۆڕاگرییەکی نموونەیی نیشانداو هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنی ئاشکرا نەکرد. ماوەی چەند مانگێك بێ سەروشوێن بوو. دواتر بە هەوڵو تەقەلای دکتۆر مستەفا ئەعلەم کە خزمی بوو، بنەماڵەکەی زانیارییان لە بارەیەوە چنگ کەوت. لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٧٧ دوای ئەوەی کە ئەشکەنجە دەرەکانی هیچ نهێنییەکان پێ نەدرکاند، ئازاد کرا.

دوای دەرچونی لەگرتوخانە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەوە کردەوە. بەڵام لەو ماوەیەدا هەر لە ژێر چاودێریی چڕی دەزگای ساواکدا بوو، سەرلەنوێ دەستگیر کردنیشی بەدور نەدەزانرا. بۆیە وا بەباش زانرا کە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بکا.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بەهەرێمی ٣ی شارباژێڕەوە کردو لەو هەرێمە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. لەو ماوەیەی کە تێیدا پێشمەرگە بوو، ناوی قادر ئەمینی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. لە پێشمەرگایەتیدا لە مەفرەزەی جێگری فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێر، ئەحمەد فەتحوڵڵا، درێژەی بە خەبات دا. لە٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٨ هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لەسەر کانی بیشوو لە نزیك گوندی دڕی لە ناوچەی ماوەت، گەمارۆی مەفرەزەکەی دا. پاش شەڕێکی دەستەویەخە، لەگەڵ پێنج پێشمەرگەی تردا شەهید بوو.

لە ناو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا، خانەی موعینی بە یەکەم شەهیدی پێشمەرگەی ئەو ڕێکخراوە دادەنرێ‌و بەم هۆیەوە ئەم ڕۆژە کە لە ساڵنامەی کوردیدا دەکەوێتە ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ بە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە دادەندرێ.

ساڵی ١٩٧٩، گۆڤاری «کۆمەڵە»ی ئۆرگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ژمارە ٣ی خولی یەکەمیدا، بەبۆنەی کوژرانی محەمەد حسێن کەریمییەوە، وتارێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا شەهیدبونی کەریمی‌و موعینیی پێکەوە گرێ دابوو کە ئەمەش دەقەکەیەتی: «لە ماوەی رابردودا یەکێ لەڕۆڵە هەڵکەوتووەکانی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران، هاوڕێ محەمەد حسێن کەریمی،

که به بۆنەی شەهیدبونی ڕەوفی برایەوە چوو بوەوە سەقز، لە کاتی گرتنی شارەبانی سەقزدا، بە دەستی نۆکەرانی بەکرێگیراوی شا شەهید بوو. هاوڕێ کەریمی شۆڕشگێڕێکی پیشەیی، تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر، ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتوو و قارەمانی گەلەکەمان بوو. هەر وەکو چۆن لەگەڵ هاوڕێی شەهید خانەی موعینی دوو کادیری سەرکردەیی یەك ڕێکخراو بوون، هەر بەو جۆرە هەردوکیان بێ سەرومەد و خۆ دەرخستن، بەو پەڕی بێدەنگییەوە هەموو ژیانی خۆیان بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە، بۆ هۆشیارکردنەوەو ڕاپەڕاندنو ڕێکخستنی ڕەنجدەران تەرخان کردو شەهید خانەی موعینی (بە ناوی قادرەوە) لە دیوی عیراق و شەهید محەمەد حسێن کەریمی لە دیوی ئێران گیانی خۆیان بە ڕەنجدەرانی کوردستان و بە شۆڕش بەخشی. یادی شەهیدان خانە و کەریمی هەمیشە هاندەری هاوڕێکانیانەو تین و تەوژمی شۆڕشگێڕانەیان پتر دەکا بۆ بەدی هێنانی ئاواتە پیرۆزەکانیان».

بابەتی پەیوەندیدار:

* کانی بیشوو (شەڕ).

## خدر عومەر سوور



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە بێستون. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی ئۆمەر مامەکە. قۆناغی سەرەتایی لە گوندی تەتەراوەو ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی لە شۆڕشدا کردو پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە فەرمانگەیەکی حکومی دامەزراو لە هەمان کاتدا ئێواران دەستی بە خوێندن کرد لە ئامادەیی رزگاری.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. پاش تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، لە ساڵی ١٩٨١ لە پەیمانگای مامۆستایان لە هەولێر وەرگیرا. ساڵی ١٩٨٤ بوو بە مامۆستا لەگوندی سیاوی ناوچەی شەمامك لە دەشتی هەولێر.

ساڵی ١٩٨٤ فەرمانی گرتنی لە لایەن دەزگای ئەمنەوە دەرچوو، بەڵام خۆی بەدەستەوە نەداو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. ساڵی دواتر بووە ڕابەری سیاسیی تیپی مەڵبەندی ٣ی هەولێر. ساڵی ١٩٨٦ بەشداریی لە خولی مەشق و ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی ڕاجیمەو هاوەنی ١٢٠ملم کرد لەگوندی سەرگەڵوو لە دۆڵی جافەتی. لەو ماوەیەدا بەشداریی لە شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی ٣و داستانی رزگاریدا کرد.

لە قۆناغی دوای ئەنفالەکان، پاش پێکهێنانی هێزی پارتیزانەکان، لە ٢٨ی ئابی ١٩٨٨دا بووە بەرپرسی ڕێکخستنی ڕەتلی دەشتی هەولێر و بۆ ماوەی ٤ مانگ لە سنوری بەڕانەتی و دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی وەك پارتیزان مایەوە. لەو ماوەیەدا لە شەڕێکدا لە ٤ی ئەیلول لەبەستی شەرغە، لە سەروبەندی بۆردومانی دوو هەلیکۆپتەری جەنگیدا، بە سەختی بریندار بوو.

ساڵی ١٩٨٩، دوای پێکهێنانی بەتالیۆنەکان، بووە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی هەشت. ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە ڕاپەڕیندا کردو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا لە ٢١ی ئازار لە نزیك گەڕەکی ڕەحیماوا بریندار بوو. هەر ئەو ساڵە بووە لێپرسراوی کۆمیتەی ٢ی ڕێکخستنی هەولێرو دواتریش بووە

کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر. ساڵی ١٩٩٤ بووە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکان و لە ساڵی ١٩٩٦ وەك ئەندامی مەکتەب گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن.

ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێجی ئێوارانی یاسای زانکۆی سلێمانی بەدەست هێناو دواتر گوێزرایەوە بۆ بارەگای هەولێری مەکتەبی ڕێکخستن. لەوێ وێڕای کارکردنی لە بەشی چاودێری، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی مەڵبەندەکانی هەولێر و دهۆك و موسڵیشی پێ سپێردرا.

## خدر عەبدوڵڵا خدر*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی قرناقاوی بناری چیای قەندیل. ماوەیەکی کەم پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، لە٢٥ی حوزەیرانی ١٩٧٦دا پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێوە کردو لە مەفرەزەکەی مامی، ڕەسول خدر عیسا، بووە پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری شەڕەکانی ناوچەکەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی کۆڕەك، گەڕی گازێ‌و ساوێن‌و لە شەڕی دواییاندا بریندار بووە.

بەهاری ساڵی ١٩٧٧ دوای ئەوەی هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەری جەنگی هێرشێکی گەورەیان کردە سەر بنکەکانی بناری چیای قەندیل، هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو دیوی قەندیل پاشەکشەی کردو لە کوێستانەکانی دەرووە سپی‌و نازاوا جێگیر بوو و دەستی بە خۆڕێکخستنەوە کرد. دوای کشانەوەی هێزەکانی عیراق، هێزی پێشمەرگە گەڕایەوە بۆ بناری قەندیل‌و بنکەی تازەی دانا. لەم سەروبەندەدا خدر کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکەی هێزەکانی عیراقدا گێڕا بوو، کرایە فەرماندەی مەفرەزە.


لەو ماوەیەدا بە ئیشوکاری شۆڕش، لەگەڵ هێزێکی هاوبەشدا لە گوندی ڕەزگەو مارەدووەوە بەرەو شارۆچکەی سەنگەسەر بەڕێ کەوت، بەڵام لە٢٩ی نیساندا، کاتێك هێزەکە لەگوندی پیرانان دەبێ، هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەری جەنگی هێرش دەکاتە سەر گوندەکەو لە ناو گوندو دەوروبەرەکەیدا شەڕێکی قورس دادەمەزرێ. لەم شەڕەدا خدرو هەڤاڵێکی دەستگیر کران و ڕاپێچی بەندیخانەی موسل کران.

لە مانگی تەموزدا هێزەکانی عیراق هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر گوندەکانی بناری قەندیل و چەندین کەسوکار و خێزانی پێشمەرگەیان لەگوندی قرناقاو دەستگیر کرد، لەوانە هاوسەرەکەی‌و کچێکی، کە ڕاپێچی زیندان کران و دواتر بە هۆی نالەباریی هەلومەرجی زیندانەوە کچەکەی گیانی لەدەستدا.

لە نامەیەکدا کە خدر لە١٨ی ئەیلولدا لە بەندیخانەی موسلەوە بۆ کەسوکاری ناردووە، نوسیویەتی کەئەو لە٣٠ی ئەیلولدا لەسێدارە دەدرێ. لەو ڕۆژەدا خۆی‌و ٤ پێشمەرگەی دیلی دیکە بە ناوی سەدرەددین ئیسماعیل، مەجید ڕەشید مامەند، محەمەد ڕەسول محەمەد، مەغدید حەمەد سۆفی‌و ١١ هاووڵاتی بە ناوی شێخە محەمەد سەلمان، سلێمان شێخ محەمەد، حەسەن عەبدوڵڵا مەولود، مالك نەبی ئەحمەد، عەبدوڵڵا خدر سلێمان، عەلی ئەحمەد شەریف، عوسمان شێخ فەرەج، ئەسکەندەر ئەحمەد محەمەد، ساڵح مەحمود محەمەد، ڕەسول حسێن ئەحمەدو

قادر ڕەواندوزی لەسێدارە دران. دوای لەسێدارەدانی، هاوسەرەکەی ئازاد کرا. بەڵام تەرمەکەی نەدرایەوە بە کەسوکاریو تا ئەمڕۆ گۆڕی بە شوێن بزری ماوەتەوە. سێیەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.

## خدر مەعسوم



پێشمەرگەو سیاسەتمەدارو ئەکادیمیست. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی شاری کۆیە. ناوی تەواوی خدر مەلا مەعسوم مەلا خدر هەورامی. لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەرە. باپیرەی لە هەورامانەوە بۆ خوێندنی ئاینی چۆتە کۆیەو لەوێ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووەو دواتر لە کۆیە نیشتەجێ بووە.

ساڵی ١٩٥٥ خراوەتە بەر خوێندن لە خوێندنگەی حکومی بەڵام هاوینان سەرقاڵی خوێندنی ئاینی بووە لەلای باوکی. ساڵی ١٩٦١، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا، چووەتە ناو جیهانی سیاسەتەوە، کاتێك بووەتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانو دواتریش پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە. ساڵی ١٩٦٣ فشارو کوشتارەکانی حزبی بەعس لە شاری کۆیە ناچاریان کرد بەخاوو خێزانەوە کۆیە بەجێ بێڵێو چەند مانگێك لە چیای سارون بگوزەرێنێ. روخانی حوکمڕانیی حزبی بەعس لە کۆتایی ئەو ساڵەو دەستپێکردنەوەی وتوویژ لە نێوان بەغداو شۆڕشدا لە ساڵی ١٩٦٤، دەرفەتی گەڕانەوەی بۆ کۆیە بۆ ڕەخساند. بەڵام فشاری دەزگا ئەمنییەکان ناچاری کرد کۆیە بەجێ بێڵێو بچێ بۆ بەغدا. لەوێ خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٦٧ لەسەر پێشنیاری فوئاد مەعسومی برای کە لەو کاتەدا خوێندکاری زانکۆی ئەزهەر بوو لە قاهیرە، چوو بۆ میسر. لەوێ لە کۆلیجی پزیشکیی زانکۆی قاهیرە وەرگیرا. ساڵی ١٩٧٣ خوێندنی کۆلیجی پزیشکیی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، میسری بەجی هێشت و لە ڕێی ئێرانەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. لە ماوەی نێوان ١٩٧٤-١٩٧٥ دا وەك پزیشك ئەرکەکانی خۆی لە ناوچەی شێروان مەزن جێبەجێ کرد. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە ڕێی ئێرانەوە چوو بۆ لوبنان. لەوێ، لە بەیروت چاوی بە تاڵەبانی کەوت و بەڵێنی پێدا کە هەر کات دەست بە خەباتی چەکدار کرایەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پێشمەرگایەتی لە کوردستان.

لە لوبنانەوە چوو بۆ بریتانیاو لەوێ سەرقاڵی خوێندن بوو بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری پزیشکیدا. هەر ئەو ساڵە، وەك بەڵێنی دابوو، وازی لە خوێندن هێناو چوو بۆ سوریا. لەو قۆناغەدا سوریا ببوو بەمەکۆی هەڵسوڕانی تاڵەبانی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا.

ساڵی ١٩٧٦ پاش گەڕانەوەی یەکەم دەستەی چەکدار بە سەرکردایەتیی برایم عەزۆ بۆ کوردستان، لەگەڵ دووەم دەستەی چەکداردا بە ناو خاکی تورکیا ویستی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بەڵام هەوڵەکە سەری نەگرت و گروپەکە گەڕایەوە بۆ سوریا. لە هاوینی ساڵی ١٩٧٧دا لە ڕێگای تورکیاوە خۆی

گەیاندە دۆڵی خواکورك. پاش پێکهێنانی لقەکان، بە لێپرسراوی لقی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرا.

ساڵی ١٩٧٩ بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. پاش دوو ساڵ بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو لەم روەوە لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی بارەگای مەکتەبی سیاسیی پێ سپێردرا.

بە درێژایی ئەو ماوەیە لە ناو یەکێتیدا وەك ئەندامی هێڵی گشتی کاری کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پشتگیریی پڕۆژەی یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی کرد. پاش پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بووە ئەندامی سەرکردایەتیو پاش پێکهێنانی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لێپرسراوەتیی مەکتەبەکەی پێ سپێردرا. لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لە ٢٣ی ئابی ١٩٨٣ لەگوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەروەها لە کۆنفرەنسی دووەمدا کە لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا لەمێرگەپان بەسترا، بۆ جاری دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

لە وتووێژی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان حکومەتی عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لە بەشێکی کۆبونەوەکانی وتوویژەکەدا بەشدار بوو.

ساڵی ١٩٨٥ وازی لە پۆستی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕان هێناو گەڕایەوە بۆ بریتانیا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆ. ساڵی ١٩٨٧ دبلۆمی باڵای لەنەخۆشیی ناوچە گەرمەکان لە زانکۆی لیڤەرپول وەدەست هێنا. ساڵی دواتر بڕوانامەی ماجستیری لە هەمان پسپۆری لە زانکۆی لەندەن وەرگرت و ساڵی ١٩٩٦ دکتۆرای لە جیناتی پزیشکی لە هەمان زانکۆ بەدەست هێنا. تا ساڵی ٢٠٠٥ وەك مامۆستاو لێکۆڵیارو پزیشك لە زانکۆی لەندەن کاری کردووە. لەو ماوەیەشدا بۆ چەند ساڵێك سەرپەرشتیی رێکخستنەکانی دەرەوەی کردووە.

ساڵی ٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و تا ساڵی ٢٠١٤ سەرۆکی زانکۆی کۆیە بووە. لە ژیانی ئەکادیمییدا دەوروبەری ٥٥ لێکۆڵینەوەی زانستیی لەگۆڤارە زانستییە جیهانییەکاندا لە بواری پسپۆرییەکەی خۆی بڵاوکردۆتەوەو سەرپەرشتیی دەیان تێزی ماجستێرو دکتۆرای کردووە.

## خڕی زێوێ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکیی گرتنی دوو رەبیە لە ناوچەی خڕی زێوێ لە نزیك ناحیەی سوسێ لە پارێزگای سلێمانی. شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی ئابی ساڵی ١٩٨٧ کەرتەکانی ١و٢و٣ تیپی ٢٣ی سورداش هێرشیان کردە سەر دوو رەبیەی ناوچەی خڕی زێوێ لە نزیك ناحیەی سوسێو توانییان دەستی بەسەردا بگرن.

لە ئەنجامی ئەم چالاکییەدا هێزەکانی عێراق ١٩ کوژراویان لێ کەوت. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١٢ کلاشنکۆف و بڕێك تەقەمەنیدا گرت.

## خورماڵ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی کەرتی ١ی شارەزووری سەر بە هەرێمی ١ی هەورامان و هێزێکی سوپای عێراق لە نێوان خورماڵ و پردی زەڵم لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨. پێشمەرگەکان بۆسەیەکیان بۆ سوپای عێراق نایەوەو دوو ئیڤای

سەربازی کەوتنە ناو بۆسەکەوە. لە ئاکامدا ٢٧ سەرباز کوژران و یەك ئیڤاش تێك شکێنرا.

## خورماڵ (شەڕ)

شەڕێکە لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٧٨دا لە ناو شاری خورماڵ لە نێوان هێزێکی پێشمەرگەی سەر بە هەرێمی ١ی هەورامان و هێزێکی سوپای عیراق. لەم شەڕەدا پێشمەرگەکان هێرشیان کردە سەر سەنگەرێکی سوپاو بە ئار بی جی لێیاندا. لە ئاکامدا ١١ سەربازو یەك ئەفسەر کوژران و ئەوانی دیکەش بریندار کران. بۆ بەیانیی رۆژی دواتر سوپا قەدەغەکردنی هاتوچۆی راگەیاند بۆ گواستنەوەی کوژراوو بریندارەکانی.

## خورماڵ ـ زەڵم (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی تیپی ١٥ی هەورامانە لەسەر رێگای خورماڵ ـ زەڵم. لە٧ی ئەیلولی ١٩٨٥ هێزێکی تیپی ١٥ی هەورامان بۆسەی لەسەر رێگای خورماڵ -زەڵم دانا. هێزێکی کۆماندۆی سوپای عیراق کەوتە بۆسەکەوە. پێشمەرگەکان دایانە بەر ئاگری چەکەکانیان و ٨ سەربازی کۆماندۆیان لە ناو برد، ئوتومبیلێکی شۆفەرلێتیان گڕ تێبەرداو ئوتومبیلێکی دیکەشیان تێکشکاند.

لەم سەروبەندەدا هێزێکی جاشەکان بە پاڵپشتی ٢ تانك و ٣ زرێپۆش بەفریای هێزەکەی سوپا چوون. ئەگەرچی هێزە فریاکەوتووەکە نەیتوانی هیچ زیانێك بە هێزی پێشمەرگە بگەیەنێ، بەڵام توانی هێزە گیرخواردووەکە لەفەوتان رزگار بکا. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو.

## خولە عەزیز فەرحان



فەرماندەی تیپ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی گەرەسۆری دزەیاتی لە ناوچەی کەندیناوە. ساڵی ١٩٥٣ خراوەتە بەر خوێندن لەگوندەکەی خۆیو خوێندنی ناوەندیو ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو لە رێی ئەم رێکخراوەوە پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٠، پاش بە ئاکام گەیشتنی وتوویژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عیراق و راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار، حکومەتی عیراق رەزامەندیی نیشاندا ژمارەیەك خوێندکاری کورد لە کۆلیجی سوپایی وەرگرێ. خولە یەکێ لەو خوێندکارانە بوو کەبۆ خوێندن لە کۆلیجی سوپایی روی کردە بەغداو لە ساڵی ١٩٧٣دا بە پلەی مولازمی دووەم بووە ئەفسەر لە سوپای عیراق.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، وازی لە سوپای عیراق هێنا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە شۆڕشدا کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ی زۆزك. ساڵی ١٩٧٥ لەسەروبەندی هەرەس هێنانی شۆڕشدا، یەکێ لەو سەدان کەسە بوو کە پشتگیریی عەلی عەسکەرییان کرد بۆ درێژەدان بەشۆڕش. بەڵام هەوڵەکە سەری نەگرت و ناچار بوو شەش مانگ بەئاوارەیی لە ئێران بباتە سەر. دوای گەڕانەوەی بۆ عیراق، لە سوپا وەرنەگیرایەوە و بۆ خواروی عیراق دور خرایەوە.

ساڵی ١٩٧٩ سزای دورخراوەیی لەسەر لابراو ڕێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ هەولێر. لەوێ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. لە ساڵی ١٩٨١دا ژیانی پێشمەرگایەتیی هەڵبژاردو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. هەر زوو لێپرسراوەتیی قوەتی خۆشناوەتیی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٢ دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێم و قوەتەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، کرایە یەکەم فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ کە سنوری چالاکیی لە ناوچەی خۆشناوەتیدا بوو. لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا ڕۆڵێکی دیاری لە پەرەپێدانی هەڵسوڕانی هێزی پێشمەرگەدا هەبووە و لەم ڕووەوە بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی بەستی شەرغەو خۆشناوەتیو سەر ڕێگای هەولێر-پیرمامدا کردووە.


لە ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٢ی هێزی پشتیواندا کە لە کوردستانی ئێران بۆ پشتگیری کردنی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو، لە شەڕێکدا بە سەختی بریندار کراو ئیفلیج بوو.

ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، لە بەغداوە بۆ چارەسەر ڕەوانەی سوید کرا. لە٥ی تەموزی ١٩٨٩دا خۆیو فوئادی برایو ئاریی کوڕی بەرودواوی ئوتومبیل لە سوید کۆچی دواییان کرد. دواتر تەرمەکانیان لە ڕێی ئێرانەوە هێنرایەوە بۆ قاسمە ڕەش کە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو و لەوێ بەخاک سپێردران. پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا تەرمەکان هێنرانەوە بۆ هەولێر و لەگۆڕستانی شەهیدان لەگردی پیرداوود بە خاک سپێردرانەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* هەورێ (تیپ).
* هێزی پشتیوان (ئۆپەراسیۆن).

## خوناڤ (گۆڤار)




گۆڤارێکی خوێندکاریی مانگانەیە لقی بادینانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سلێمانی بە هەردوو شێوە زاری کرمانجیی سەرو و کرمانجیی خوارو دەری کردووە. هۆی دەرکردنی گۆڤارەکە لە سلێمانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەپاش هەلایسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، دامەزراوەی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان و هەموو دامەزراوەکانی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بادینان گوێزرانەوە بۆ دەرەوەی سنوری پارێزگای دهۆک.

گۆڤارەکە حەوت ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە کانونی دووەمی ٢٠٠٢ دەرچوەو ژمارە ٧ کە دوایین ژمارەیە لە تەموزی هەمان ساڵ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازەکەی لقی بادینانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەو مەسعود میکائیل سەرنوسەریێتی. بەڕێوەبەری نوسین لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە ٤ ناجی باجلورییە. لە ژمارە ٥ بەدواوە ناجی باجلوری بۆتە جێگری سەرنوسەرو نێچیرڤان نوری کە پێشتر ئەندامی دەستەی نوسەران بووە بۆتە بەڕێوەبەری نوسین. دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە تا ژمارە ٤ لە نێچیرڤان نوری ، کاروان خودێداو خالید بۆزۆ پێکهاتووە بەڵام لە ژمارە ٥ بەدواوە دوای ئەوەی کە نێچیرڤان نوری بۆتە بەڕێوەبەری نوسین، دەستەی نوسەران لەدوو ئەندامەکەی تر پێك هاتووە.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ٢٣ بە ١٦,٥ سم دەرچووە. تا ژمارە ٤ تیراژ ٣٠٠ دانەی لێ چاپ کراوەو دواتر تیراژەکەی کراوەتە ٥٠٠ دانە. هەموو ژمارەکان بەرگی رەنگاوڕەنگ‌و قەشەنگیان هەیە کە لە چاپخانەی بینایی چاپ کراون، لە کاتێکدا ناواخن لە چاپخانەی زانست چاپ کراوە. ژمارەی لاپەڕەکانی کەوتۆتە نێوان ٢٨و ٣٦ لاپەڕە. وێنە تێیدا بەڕێکوپێکی بەکار هێنراوەو دیزاینەکەشی لە ئاستێکی باش دایە.

گۆڤارەکە لەو روانگەیەوە کە لە بنەڕەتدا گۆڤارێکی خوێندکارییە زۆرتر بایەخی بە کاروبارو خەمی خوێندکاران و کاروباری پرۆسەی فێرکاری داوەو لە پاڵ ئەمەدا مەسەلە نەتەوەییەکانی بەسەر کردۆتەوەو هەندێ بابەتی هونەری‌و رۆشنبیریشی بڵاوکردۆتەوە، سەرباری سازکردنی چەند چاوپێکەوتنێك کە رەهەندێکی رۆشنبیری‌و هونەرییان هەبوە.

## خوێنی شەهیدان (رێکخراو)

رێکخراوێکی شۆڕشگێڕە چەند لاوێکی کوردی دانیشتووی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٥، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە کوردستان، بە شێوەیەکی نهێنی دایانمەزراندووە. دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوە زۆرتر لە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی چەپی بیرمەندی بەرەگەز فەرەنسی ریژێ دۆبرێدا بون کە لەکتێبی «شۆڕشێك لە ناو شۆڕشدا» بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە دەبێ خەبات لەشارە گەورەکانەوە لە دژی رژێمە دیکتاتۆرەکان ئەنجام بدرێ نەك لە لادێ و چیاکان. هەرەس هێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، پاش ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران، ئاسەوارێکی زۆری لەسەر هاندانی ئەو لاوانە بۆ پەسەندکردنی بیروباوەڕەکانی ریژی دۆبرێ هەبوو.

دەستەی دامەزرێنەر لە چەند کەسێك پێکهاتووە، دیاترینیان سەلمان داوود حسێن مەندەلاوی و شێرۆ عەبدولقادرە. شێوەی سەرەکیی خەباتی ئەم رێکخراوە شێوەیەکی جەماوەری نەبوە، بەڵکو زۆرتر بە لای چالاکیی پێشمەرگانەی ناو شاردا دایشکاندوە. رێکخراوەکە زۆرتر باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێ گروپی چەکدار لە ناو شارەکان پێك بهێنرێ و چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە دژی لێپرسراوانی رژێمی بەعس و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەنجام بدرێ بە مەبەستی تێکدانی شیرازەی رژێمەکەو سەرقاڵ کردنی دەزگاکانی.

پاش راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرکردایەتیی رێکخراوەکە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکێتیدا دامەزراندو دواتر وردە وردە رێکخراوەکە ئارەزوی ئەوەی دەربڕی کە حەز دەکا وەك باڵێکی سەربەخۆ لە ناو یەکێتی کار بکاو بە

هاوکاریی هەردوولا چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە دژی کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس لە بەغدا ئەنجام بدرێ. بۆ تاوتوێ کردنی ئەم مەسەلانە، لە سەرەتای ساڵی **١٩٧٦**دا مەندەلاوی و شێرۆ عەبدولقادر سەردانی سلێمانییان کردو کەوتنە وتوویژ لەگەڵ مەلا بەختیار. لە ئەنجامدا، هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ڕێکخراوەکە وەك هێڵێکی بەغدای ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و لیژنەیەکی هەماهەنگ بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە دوو کەس پێك بێ، یەکێکیان لە یەکێتی بێ و ئەوی تر لە ڕێکخراوی خوێنی شەهیدان. لەیەکێتی بەندەر عەلی ئەکبەر بە نوێنەر دیاری کراو لە ڕێکخراوی خوێنی شەهیدان سەلمان داوود مەندەلاوی.


ڕێکخستنەکانی هەردوولا لە بەغدا ئاستێکی گونجاوی هاوکارییان لە بواری ڕۆشنبیریدا بەدی هێنا. لەم رووەوە ئەرکەکان بەمجۆرە دابەش کران کە بەندەر عەلی بەیاننامەو بڵاوکراوە کوردییەکانی یەکێتی وەرگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و بە دەست لەسەر ستێنسل بیاننوسێ و پاشان سەلمان داوود مەندەلاوی بەو ئامێری ڕۆنیۆیەی کە ڕێکخراوەکە هەیەتی، دانەی لەبەر بگرێتەوەو پاشان بڵاوکراوەکان بەسەر ئەندامەکان و لایەنگراندا پەخش بکرێن.

پەیوەندی کردنی ڕێکخراوەکە بە یەکێتییەوە وەك خۆ هەڵوەشاندنەوە وابوو لە ناو یەکێتیدا. ئەگەرچی یەکێتی زۆرتر باوەڕی بە خەباتی جەماوەری هەبوو، بەڵام لە ژێر گوشاری ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە کە داوایان دەکرد چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە ناو بەغدا لە دژی کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس ئەنجام بدرێ، ڕێکخراوێك بە ناوی ڕێکخراوی «هەڵۆی سور» لە بەغدا پێك هات. ئەم ڕێکخراوە بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بۆی دانرا، هەڵسوڕانی خۆی دەست پێکرد، چالاکیی شۆڕشگێڕانەی لە ناو بەغدا ئەنجام داو زۆربەی ئەندامەکانی لەو کەسانە بوون کە پێشتر ئەندامی ڕێکخراوی خوێنی شەهیدان بوون.

بابەتی پەیوەندیدار:

* هەڵۆی سور (ڕێکخراو).

## خەباتی مامۆستا (گۆڤار)





گۆڤاری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان. بیرۆکەی دەرکردنی ئۆرگانێك بۆ یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە ساڵی **١٩٨٢** لەگوندی شێنیی ناوچەی قەڵادزێ لەسەر دەستی عەدنان عەلی تاهیر، کارگێڕی یەکێتیی مامۆستایان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە، گەڵاڵە بوو. دواتریش هەر بە هەوڵ و کۆششی ئەو، گۆڤارەکە دەرچوو.

لە ماوەی نێوان ساڵانی **١٩٨٢- ١٩٨٧**داو لە چوارچێوەی سێ خولدا، دە ژمارە لەم گۆڤارە دەرچووە، لەوانە ژمارە ٩و١٠ ژمارەیەکی دوانەییە.

له خولی یەکەمدا دوو ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ دەرچووەو دووەم ژمارە هەر لەو ساڵەدا دەرچووە بەڵام ژمارەکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ مانگەکە تێدا نیە. لە خولی دووەمدا ژمارە ٣و ٤ی لێ دەرچووە. ژمارە ٣ لە نەورۆزی ١٩٨٤ دەرچووە و ژمارە ٤ لەکانونی یەکەمی ١٩٨٤. خولی سێیەم شەش ژمارەی لێ دەرچووەو ماوەکەی کەوتۆتە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٧. ئەم خولە بەژمارە ٥ دەست پێدەکا کە ژمارەیەکی تایبەت بەکۆنفرەنسی سێیەمی ساڵی ١٩٨٥ی یەکێتیی مامۆستایان بوو. ئەم ژمارەیە چەند بابەتێکی لاوەکیی لێ دەرچێ. بابەتەکانی بە شێوەی دۆسێیەکی تایبەت بۆ دیکۆمێنتەکانی کۆنفرەنسەکە ڕێك خراون.

گۆڤارەکە جگە لەوەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کاروباری پیشەیی مامۆستایان تەرخان کراوە، شیعر و چیرۆك و هەندێ بابەتی تایبەت بە رۆشنبیریی گشتیشی تێدا بڵاوکراوەتەوە کە هەندێکی دەچێتە ریزی ئەدەبی بەرەنگارییەوە، سەرباری بابەتی سیاسی. بایەخێکی تایبەتیش بە مامۆستایانی شەهید دراوەو بۆ ئەم مەبەستە، گۆشەیەك بە ناونیشانی «لە یادی نەمراندا» بۆ یادکردنەوەی مامۆستا شەهیدەکان تەرخان کراوە.

گۆڤارەکە سێ سەرنوسەری بەخۆیەوە دیوە کەهیچ کامێکیان وەك سەرنوسەر ناوی لەسەر گۆڤارەکە نیە. سەرنوسەری خولی یەکەم عەدنان عەلی تاهیرە کە جگە لە ئەرکەکانی وەك سەرنوسەر، رایی کردنی کاروباری گۆڤارەکەو ئامادەکردن و ڕێکخستنی بابەتەکان و بردنی بۆ چاپخانەو سەرپەرشتی کردنی لە کاتی چاپکردن و دابەش کردن و ناردنی بۆ شوێنە دورەکانیشی لە ئەستۆ گرتبوو. سەرنوسەری خولی دووەم عوسمان دەشتییە، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایان کە سەرباری ئەرکەکانی




وەك سەرنوسەر، رایی کردنی کاروباری بەشی راگەیاندنیشی پێ سپێردرابوو. لەم خولەدا گۆڤارەکە بە تیراژێکی زۆرترو بە بابەتی بەپێزتر و دیزاینی پوختتر لە چاپ دراوە. سەرنوسەری خولی سێیەم عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیلە کە لە کۆنفرەنسی سێیەمی ساڵی ١٩٨٥ی گوندی سماقولی بە سکرتێری یەکێتیی مامۆستایان هەڵبژێردرابوو.

پەیامی گۆڤارەکە کۆشش بوو بۆ بەرجەستەکردنی ئەو دروشمەی کە یەکێتیی مامۆستایان بەرزی کردبۆوەو بریتی بوو لە«لە پێناوی پتەوکردنی ریزەکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و پشتگیری کردن لە خەباتی گەلی کورد رووەو پەروەردەیەکی سۆشیالیستی و رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخواز». دەربارەی ئەم گۆڤارە لە ژمارە ٤دا کە لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، هاتووە کە «مەسەلەی دەرچوونی گۆڤارێکی مەرکەزی لە لایەن یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك،

بە ڕوخسارو ناوەڕۆكێكی دەوڵەمەندو سودبەخشەوە، یەكێكە لە ئەركە گرنگە پێویستەكان كە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی كۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتیی یەكێتیو مەكتەبی سكرتاریەت دەبێتەوەو هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ئەنجام دەدرێت».

زۆربەی ئەوانەی بابەتیان لەگۆڤارەكە بڵاوكردۆتەوە مامۆستاكانی ڕێكخستنی ناو شارەكانی یەكێتیی مامۆستایان و مامۆستا پێشمەرگەكان بون. ئەوانەی لە شارەوە بابەتیان بۆ گۆڤارەكە نوسیوە ناوی خوازراویان بەكار هێناوە، لەوانە بایز نانەكەلی، عەبدولڕەحمان ڕەشید قادر، یوسف دەرگەڵەیی، ئەحمەد ساڵح، عەبدولكەریم سۆڵەیی، حەیدەر سابیر. ژمارەیەك نوسەری پێشمەرگەش بابەتیان تێدا بڵاوكردۆتەوە لەوانە عوسمان دەشتی، عەدنان عەلی تاهیر، دڵشاد مەولود، نەجیبە ئەحمەد، سەلاح عومەر، عەبدولخالق ساڵح، یەعقوب مستەفا یەعقوب، عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل، سدیق ساڵح عەزیز، عەبدولكەریم حەسەن، سەیفەددین عەلی ئەحمەد عەلی، ڕێبوار عوسمان، لەوانە هەندێكیان بە ناوی خوازراو بابەتیان بڵاوكردۆتەوە.

ژمارەی لاپەڕەكانی گۆڤارەكە جێگیر نیە. یەكەم ژمارە لە دوتوێی ٣٢ لاپەڕە دەرچووەو ژمارە ٩-١٠ كە دوایین ژمارەیەو لە كانونی یەكەمی ١٩٨٧ دەرچووە، ژمارەی لاپەڕەكانی ٦٨ لاپەڕەیە.

ژمارەكانی گۆڤارەكە لە هەردوو چاپخانەی برایم عەزۆو جەعفەر عەبدولواحید چاپ كراون و قەبارەیان نیو فولسكابە. تیراژی گۆڤارەكە بەپێی قۆناغەكان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە ژمارە بەراییەكاندا ٢٠٠-٣٠٠ دانەی لێ چاپ كراوەو لە ژمارەكانی دواتردا تا ٥٠٠ دانە ڕۆیشتووە.

ساڵی ٢٠١٤ ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران و بنكەی ژین لە پڕۆژە هاوبەشەكانیاندا و لە چوارچێوەی بەرنامەی پاراستن و كۆكردنەوەی ئەرشیف و ئەدەبیاتی سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، هەر دە ژمارەی گۆڤارەكەیان لە دوتوێی كتێبێكی ٥٠٦ لاپەڕەییدا چاپ كردەوە. دكتۆر عوسمان دەشتی كە هەر دە ژمارەكەی بۆ چاپكردنەوە ئامادە كردووە، پێشەكییەكی تێرو تەسەلی بۆ كتێبەكە نوسیوەو ناوی خوازراوی ژمارەیەكی زۆری نوسەرانی بابەتەكانی گۆڤارەكەی ساغ كردۆتەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*یەكێتیی مامۆستایانی كوردستان.

## پاشكۆی ژمارە ١

## یەكەم سەروتاری گۆڤاری «خەباتی مامۆستا»

پاش ئەوەی دوژمنانی گەلەكەمان كەوتنە نەخشە كێشان بۆ تواندنەوەی نەتەوەكەمان لە بۆتەی نەتەوەی گەورەداو كەوتنە قەدەغەكردنی خوێندن بە زمانی زگماكی خۆمان و گۆڕینی مەنهەج و سڕینەوەی ناوی كوردو كوردستان لە پەڕاوەكانداو پاش سوتاندن و وێرانكردنی كوردستان و ڕێگەبەستن لە هەموو جۆرە كارێكی دیموكراتی، مامۆستایانی كوردستان وەك دەستەیەكی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی گەلەكەمان هەستیان بە ئەركی مێژوویی و نەتەوایەتیی سەر شانیان كردو كەوتنە هەوڵدان بۆ دروست كردنی یەكێتیی مامۆستایانی كوردستان وەك پێویستییەكی مێژوویی و خواستێكی نەتەوەیی. ئەوە بوو لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٢دا یەكێتییە نەبەزەكەمان هاتە كۆڕی خەباتەوە بۆ ئەوەی شان بە شانی هەموو ڕێكخراوە دیموكراتییە كوردستانییەكان و جەماوەری

شۆڕشگێڕی گەلەکەمان بە دەوری خۆی هەستێت و هاوبەشیی خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەرجەم جەماوەری گەلەکەمان بکات لەپێناوی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراسیدا. ئەمەش لەبەر رۆشنایی ئەو راستییەی کە گەلی کورد وەك هەموو گەلانی تری جیهان مافی دروست کردنی حزب و رێکخراوی پیشەیی سەربەخۆی خۆی هەیە.

لەبەر رۆشنایی ئەم راستییە زانستییەی سەرەوە، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان هاتە کۆڕی خەباتەوەو چالاکانە دەوری خۆی لە خەبات کردن لە ناو جەماوەری گەلەکەمان و هۆشیارکردنەوەو ئاراستەکردن و سازدانیان بۆ کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە جێبەجێ کرد، بە دەستێك پێویستییەکان و بە دەستێکی تر چەکەکانی ئاراستەی سنگی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان کرد.

ئاشکرایە لای جەماوەری گەلەکەمان کە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەردەوام بووە لە خەباتی پیرۆزی خۆیدا وەك هەموو رێکخراوە کوردستانییەکانی ترو بە دەیان قوربانیی داوە لە رێگەیدا. بۆ نمونە شەهیدان مامۆستا یاسین و حەسیب و حەمە بۆرو ئەنوەر دارتاش و ئیسماعیل و دەیان مامۆستای تر بەڵگەی زیندوی قسەکەمانن تا هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥ کە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیشی گرتەوەو بە سەدان مامۆستا ئاوارەو دەربەدەر کران و بە سەدانی تر لە ریزی مامۆستایان بۆ کارو فەرمانی تر گوێزرانەوە.

مامۆستایانی کوردستانیش بۆ ئەوەی لە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی خۆیان دوا نەکەون و شان بە شانی رێکخراوە کوردستانییەکانی تر وەك دەستەیەکی رۆشنبیری شۆڕشگێڕ دەوری خۆیان ببینن، لە مانگی شوباتی ١٩٨٢ کۆنفرەنسی خۆیان بەست و سەرکردایەتییەکی نوێیان بۆ خۆیان هەڵبژارد کە بەمە خواست و ویستی هەموو مامۆستایانی کوردپەروەرو شۆڕشگێڕیان هێنایە دی و دەستەیەکی تری مامۆستایانیان نارده ریزی کاروانی سەروەری و پڕ شانازیی کاروانی شەهیدان وەك مامۆستا غەفور، جەمیل رەنجبەر، کاوە، عەبدولخالق ساڵح، مامۆستا خالید و مامۆستا سنەوبەر.

بۆیە داوامان لە مامۆستایانی کوردستان بە جیاوازیی بیرو رایانەوە ئەوەیە کە لە دەوری یەکێتییە نەبەزەکەیان، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، کۆ ببنەوەو خەبات لەپێناوی هێنانە دیی حوکمێکی ئیئتیلافیی دیموکراتی بۆ عیراق بکەن کە تێیدا نەتەوەکەمان بە ئۆتۆنۆمیی راستەقینە شاد بێت و مامۆستایانیش مافە پیشەیی و رۆشنبیرییەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن.

هەر سەرکەوتوو بێت یەکێتییە نەبەزەکەمان یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.

سەرچاوە: گۆڤاری «خەباتی مامۆستا»، ژمارە ١، تشرینی یەکەمی ١٩٨٢، ل ١-٢.

## پاشکۆی ژمارە ٢

### دوایین سەروتاری گۆڤاری «خەباتی مامۆستا»

بەعسییە خوێنمژە بەدرەفتارەکانی بەغدا لەوەتەی کە فەرمانڕەواییان گرتۆتە دەست، بێ وچان سیاسەتی شۆڤێنییانەی خۆیان دەرهەق بە گەلی کوردی راپەڕیو لە کوردستانی خوارووی بە زۆر لکێنراو بە دەوڵەتی مۆنتاجکراوی عیراقەوە پەیڕەو کردووە. بۆ تەنیا ساتێك کۆڵیان لە گەلەکەمان نەداوەو هەر درێژەیان بە کاری دڕندانەی کوشتن، راونان، کاولکردن، سوتاندن، راگواستن، تەعریب، تەبعیس داوە. بەوپەڕی بێ ویژدانانە سادەترین مافی مرۆڤی کوردی خاك بەتورەکە بێژراویان لە ژێر پێدا پلیشاندۆتەوە.

ئەمڕۆش کاری دڕندانەی عەفلەقی گەیشتۆتە

رادەیەکی ئەوتۆ مەگەر هەر ویژدان مردووەکان بتوانن لە ئاست ئەو هەموو تاوانە بێ هاوتایانەی بەعسییان شەیتانێکی کەڕو لاڵ بن.

رژێمی داخ لە دڵی تینوو بە خوێنی کوردان بۆ تواندنەوەی گەلی کوردی ژێردەستە لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبی سەردەست، رۆژانە لە تەدبیرو تەگبیرێکی بێ وێنە دایە. هەر لەم چەند مانگەی رابردوودا سەدان گوندی قەشەنگ و شارۆچکەی خنجیلانەی بە کەڵبەی دەمە شۆفڵی بەعسییانەیان بەسەر یەکدا روخاندو خەڵکەکەیان بێ دەورەتان و خانە بەکۆڵ کرد. تا ئێستاش چەندین خاو خێزانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بۆ ناوچەکانی سەر سنوری ئوردون و سعودیەو عەرعەر راگوێزراون و ئەوپەڕی رەفتاری وەحشییانەیان لەگەڵدا دەکرێ.

لە ناوچە رزگارکراوەکانیش دەیانەوێ بە زەبری مۆدێرنترین چەکی ئەم سەردەمە ئەم گەلە شۆڕشگێڕە راپەڕیوە زەلیل و بێخوست بکەن.

بەڵێ هیچ کات و ساتێ ئەم خاك و نیشتمانەی کوردان وەکو ئەمڕۆ ئاوا نەبۆتە کێڵگەی فرۆکە بۆمبا هاوێژو عەنقود پژێن و کیمیاڕێژەکانی بەعسییان. هیچ ئان و زەمانێ رۆڵە و دانیشتوانی ئەم خاك و خۆڵە شیرینە بەم شێوەیە وەکو ئەوەی ئەمڕۆ گیرۆدەی لە ناوبردن، لەسەر شەقام گرتن، بێسەروشوێن کردن و بە کۆمەڵ کوشتن نەبون.


مامۆستای کورد بەو سیفەتەی کە چاوساغ و فێرکارو رابەری میللەتەکەمانە، هەروەکو لە رابردودا ئەوپەڕی خەمخۆرو خۆڕاگر بووە، لە گەرمەی شاڵاوی تەبعیس کردندا ئەنکێتی بەعسیبون و جلوبەرگی جەیشی نا شەعبیی بە روی جەللادەکاندا داداوەتەوەو بەرەو رێکخراوی فاشیستەکانی پێچاوەتەوە. تا ئێستاش بەندو بالۆرەو زورنای بانگەشەی جۆرەکانی راگەیاندنی بەعس نەیتوانیوە ورەی شۆڕشگێڕانەو ئەرکی خەملاوی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دابەزێنێ و بە زەردەخەنەی دوژمنکارانەی هەڵی خەڵەتێنێ.

بۆیە ئەمڕۆ مامۆستای کورد دەبێ لە هەموو کات و ساتێ زیاتر لە گشت ئان و زەمانێ چاکتر، بۆ وەڵامی ئەو هەموو تاوانە بێ شەرمانە و رەفتارە بەدڕەوشتانەی بەعسییە رق و کین هەڵگرتووەکان، بێ وچان لە تێکۆشانێکی سەخت و دژواردا بێ. لە هەر شوێنێکدا بێ، پێویستە خاوو خێزان و خەڵك و خوێندکاران هۆشیار بکاتەوەو لە حەقیقەتی ناسنامەی عەفلەقییان وەئاگایان بێنێتەوە.


کاتی ئەوە هاتووە مامۆستای کورد ویژدانی شۆڕشگێڕانە و ئەرکی نیشتمانی و فەرمانی میللەت جێبەجێ بکاو سەرجەمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە روی جەللادەکاندا راپەڕێنێ و کورەی خەباتێکی سەخت و پڕ شانازیی کوردان لە دژی عەفلەقییە هاروهاجە سەرسەختەکان داگیرسێنێ بۆ ئەوەی چیتر مێشکی مرۆڤی کورد نەبێتە دەرمانی مانەوەی بەعسی دڕندە.

سەرچاوە: گۆڤاری «خەباتی مامۆستا»، ژمارە ٩-١٠، کانونی یەکەمی ١٩٨٧، ل ٣-٥.

## خەسرەو خاڵ



کادیری پەیوەندییە گشتییەکان و ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٩ی شاری سلێمانی. لە هەرەتی لاوێتیدا لە ناو یەکێتیی قوتابیانی کوردستان





تێکەڵ بە خەباتی کوردایەتی بوو.

ساڵی ١٩٧٦ وەك کادیرێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستنەکانی ناو شارو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا گێڕا. ساڵی ١٩٨٤ لە سێیەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە لە مێرگەپان بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٨٥ پاش دامەزراندنی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە، بوو بە ئەندامی دەزگاکەو لە سەرەتای ساڵی دواتر، دوا بەدوای وازهێنانی ئازاد هەورامی لەلێپرساوەتیی دەزگاکە، جێی گرتەوەو بوو بە لێپرساوی دەزگاکە. لەو ماوەیەی لە دەزگای ناوەندیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵەدا کاری کردووە، بە ناوی خوازراوی ڕەنجەوە چەند کتێب و نامیلکەیەکی لینین و سۆکۆلۆفسکیی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. هەر ئەو ساڵە بوو بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە.

پاش گواستنەوەی بارەگاو چاپخانەو کەلوپەلی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە لە دۆڵی جافەتییەوە بۆ دۆڵەکۆگە لە پایزی ١٩٨٦، چالاکیی دەزگاکە دای لەکزی.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧دا لێپرساوەتیی ئۆفیسی یەکێتیی لە دیمەشقی پایتەختی سوریا پێ سپێردرا. لە ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨ بە نەخۆشی لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد.

## خەسرەو شێرە*



کادیری ڕێکخستن و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی خەسرەو هادی سمایل تەها. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی چەغەمیرەی ناوچەی کەندیناوەی قەزای مەخمور. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگەو لە ناوچەکانی خۆشناوەتی‌و دەوروبەری کۆیە ئەرکی کادیری سیاسیی پێ سپێردراوە.

لە ساڵانی ١٩٩١- ١٩٩٢دا بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی مەخمور. ساڵی ١٩٩٢ بەشدار بووە لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٩٣ بۆتە لێپرساوی کۆمیتەی

ڕێکخستن لە سنوری هەولێر. ساڵی ١٩٩٤ بۆتە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی نەینەوا- ئاکرێ و لێپرسراوەتیی بەشی راگەیاندنی گرتۆتە ئەستۆ.
ساڵی ١٩٩٥ لە مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر بۆتە کارگێڕو سەرباری ئەوەی کە لێپرسراوی ئیداریی مەڵبەند بووە، سەرپەرشتیی کۆمیتەکانی ڕێکخستنی کۆیەو تەقتەقیشی کردووە.
ساڵی ١٩٩٧ کراوەتە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن و لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنە نهێنییەکانی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێ سپێردراوە. ساڵی ١٩٩٩ لە کۆنفرەنسی مەڵبەندەکاندا بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر هەڵبژێردرا. هەر لەو ساڵەشدا بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هێزی پاراستنی ئاشتی (PMF).
ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێری گرتە ئەستۆ.
ساڵی ٢٠٠٣ لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی رەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ هەر یەك لە عەدنان موفتی و سەعدی ئەحمەد پیرە و شاخەوان عەباس گەڕایەوە بۆ هەولێر، لە مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێردا کاری کرد و لێپرسراوەتیی بەشی ڕێکخستنی گرتە ئەستۆ.
لە یەکی شوباتی ٢٠٠٤دا لە تەقینەوە خۆکوژییە تیرۆریستییەکەی ناو بارەگای مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر لەگەڵ پۆلێك ئەندام و کادیر شەهید بوو.

## خەسرەو گوڵ محەمەد مەلک



کادیری دێرینی ڕێکخستن و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩ی شاری خانەقین. دەرچووی ساڵی ١٩٧٣ی کۆلێجی ڤێتێرنەری زانکۆی بەغدا. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە خوێندنگەی عەبادییەی شاری خانەقین تەواو کردووەو ناوەندی و ئامادەیی لە بەغدا.
ژیانی سیاسیی بۆ ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە، کاتێك لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا وەك تەتەری ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغداچالاکیی نواند. فاکتەری یارمەتیدەر بۆ ئەم کارە، براکەی بوو، محەمەد گوڵ محەمەد، کە لەو کاتەدا ئەندامی ناوچەی پارتی بوو لە بەغدا. ساڵی ١٩٦٦، کاتێك خوێندکار بوو لە ئامادەیی نیزال لە بەغدا، پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کرد. لە یەکەم ساڵی خوێندنی لەکۆلێجی ڤێتێرنەری لە ١٩٦٧- ١٩٦٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.
پاش بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، لە ساڵی ١٩٧٢دا لە کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کە لە سلێمانی بەسترا، بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیان هەڵبژێردرا. لەو کۆنگرەیەدا عادل موراد بە سەرۆکی یەکێتیی قوتابیان و فەرهاد عەونی

بە سکرتێر هەڵبژێردران، ئەندامانی سکرتاریەتیش، جگە لە خەسرەو گوڵ محەمەد، ئەمانە بوون: رەنج شاوەیس، چیا عەباس، سیروان عەبدوڵلا سەعید، یوسف قەساب، جەلال خۆشناوو جەبار سابیر. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٣ لێپرساوی ئۆردوگای قوتابیان بوو لەگوندی گەروتە لە نێوان شەقڵاوەو هیران و نازەنین. لە مانگی ئابدا بەشدار بوو لەفیستیڤاڵی دەیەمی خوێندکاران و لاوان لە بەرلینی رۆژهەڵات لە چوارچێوەی شاندی خوێندکارانی عیراق. لە مانگی ئەیلولدا بەغدای بەجێ هێشت و لەگەڵاڵەو چۆمان و تەوێڵە گیرسایەوە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەك ئاوارەی ئێران بوو، پاشان گەڕایەوە بۆ عیراق و لە دامەزراوەی گشتیی پەلەوەر لە هەولێر دامەزراو پاشان گوێزرایەوە بۆ سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی بە هۆی سەلام عەبدولڕەحمانەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو بۆ ماوەی یەك ساڵ خرایە ئەڵقە رۆشنبیرییەکانەوە. ساڵی ١٩٧٧ پلەی ئەندامەتیی پێ بەخشراو ناوی نهێنیی «ئارام»ی بۆ دانرا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ دوای گیرانی سەلام عەبدولڕەحمان، لە ڕێکخستن دابڕا. هەر ئەو ساڵە بۆ رومادی دوور خرایەوە. ساڵی ١٩٨٠، ئەو کاتەی لە ڕومادی فەرمانبەر بوو، لە ڕێگەی حاجی مەمۆوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانەوە کردەوە. ساڵی ١٩٨٢ لە ڕێی جەبار حاجی رەشیدەوە پەیوەندیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ ڕێکخراوی سلێمانی دامەزراند دوای ئەوەی کەرتی ڕێکخستنی شەهید جوامێر لە بەغدا دامەزرا، بووە لێپرساوی کەرتەکە. لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی بەغداو رومادی و باشووری عیراقی کرد.

ساڵی ١٩٨٥ حکومەتی عیراق خانەنشینی کرد. ئەم خانەنشین کردنە، دەرفەتێکی زۆرتری بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکان بۆ رەخساند. لە ئایاری ١٩٩١دا، لە کاتێکدا کە وتووێژ لە نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراقدا لە ئارادا بوو، لە بەغدا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا، بەڵام لە مانگی حوزەیراندا ئازاد کرا. دوا بەدوای ئەمە، لە سلێمانی گیرسایەوەو بووە کارگێڕی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە پرۆژەی دامەزراندنی دەزگای زانیاری و لە ساڵی ١٩٩٤دا بووە جێگری لێپرساوی ئەو دەزگایە. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٩- ٢٠٠٣ بووە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی. ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو دواتر بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

پاش روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، لە مانگی ئایاردا لە بەغدا وەك لێپرساوی مەڵبەندی ڕێکخستنی بەغدا دەستبەکار بوو. لە تەموزی ساڵی ٢٠٠٤ بووە لێپرساوی دەزگای زانیاری. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، سەرلەنوێ بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. ساڵی ٢٠١٢ بووە بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێم و جێگری راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی خانەقین، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

# خەلیج (گۆڤار)




گۆڤارێکە بە دەستپێشخەریی تەڵعەت محەمەد گلی، کادیری پێشکەوتوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە کوێت بە زمانی عەرەبی دەرچووە. ئەو بابەتانەی لەو گۆڤارە بڵاو کراونەتەوە، سێ جۆرن. جۆری یەکەم، سەروتارە کە گوتارێکی نیشتمانپەروەریی کوردستانییانە بە سەریدا زاڵ بووەو گوزارشتی لە تێڕوانینی گۆڤارەکەو سیاسەتە گشتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە. جۆری دووەم، هەواڵەکانی کوردستان و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی گرتۆتەوە کە گۆڤارەکە بایەخێکی تایبەتی بە بڵاوکردنەوەیان داوە. سەرچاوەی هەموو هەواڵەکانی ئەم بەشە، بەشی عەرەبیی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بووە. جۆری سێیەم، ئەو وتارانەیە کە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی باسی مەسەلەی کوردو رەوشی عیراق دەکەن. سەرچاوەی ئەو وتارانە بە شێوەیەکی سەرەکی رۆژنامە عەرەبی و ئینگلیزییەکانە لەوانە رۆژنامەکانی کوێت وەك «قەبەس» و «سیاسەت»، رۆژنامەکانی ئوردون لەوانە «دەستور» و رۆژنامەو گۆڤارەکانی بریتانیا لەوانە رۆژنامەی «تایمس». جگە لەم وتارانە، گۆڤارەکە هەندێ وتاری بڵاوکردۆتەوە کە ئەندامانی دەستەی کارای گۆڤارەکە نوسیویانە.

ئەگەرچی گۆڤارەکە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەسەرە، بەڵام سەر بە هیچ دەزگایەکی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانی نەبوە. ئامانجی دەرکردنی بە شێوەیەکی سەرەکی، ناساندنی مەسەلەی کورد بووە لە دەوڵەتانی کەنداوو لە ناو رەوەندی عەرەب لە تاراوگەو لەم سەروبەندەدا ژمارەکانی بە پۆستە بۆ ئەوروپاو ئوستورالیاو کەنەدا نێردراون.

گۆڤارەکە بەوەی کە وتاری رۆژنامەکانی کەنداوو جیهانی سەبارەت بە مەسەلەی کوردو رووداوەکانی کوردستان و وتارو هەواڵە پەخشکراوەکانی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، دەشێ وەك تۆمارێکی دیکۆمێنتار بۆ تاوتوێ کردنی هەندێ بواری دیاریکراو سودی لێ وەربگیرێ.


گۆڤارەکە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە. بەڵام بە کردەوە تەڵعەت محەمەد گلی رۆڵی سەرنوسەری تێدا گێڕاوەو خەلیل کاردۆ جێگری سەرنوسەر بووە. دەستەی کارای گۆڤارەکە کە ئەرکی تایپ کردنی بابەتەکان و تۆمارکردنی بەرنامەکانی

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و دیزاین کردنی گۆڤارەکەو لەبەر گرتنەوەی لاپەڕەکانی بە ئامێری فۆتۆکۆپی لە ئەستۆدا بووە، لە چوار ئەندام پێك هاتووە کە ئەمانەن: حەلیمە ئەحمەد نەقشبەندی، عەباس سلێمانی، ئەمین سەوزەو جەلیل محەمەد.

بڵاوکراوەکە بە ئامێری فۆتۆکۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوەو هەندێ لە بابەتەکانی، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە لە ئێزگە وەرگیراون، بە دەستخەت بە بێ ئەوەی تایپ بکرێن، بڵاو کراونەتەوە. گۆڤارەکە لە ماڵی تەڵعەت محەمەد گلی لە گەڕەکی سالمیەی شاری کوێت ژورێکی بۆ تەرخان کرا بوو کە کاری تێدا دەکرا. زۆربەی ژمارەکان مانگانە دەرچون. بەڵام لە هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا، لە کاتی زۆری و گەرم و گوڕیی هەواڵ و روداوەکاندا، گۆڤارەکە بەوە خۆی پابەند نەکردووە کە هەر دەبێ وەك مانگانە دەرچێ، بەڵکو زۆر جار لە ماوەی مانگێکدا دوو جار دەرچووە. بۆ ئەو بابەتانەی کە ئەندامانی دەستەی کارا نوسیویانە، ناوی خوازراو بەکار هێنراوە.

تیراژی گۆڤارەکە لە سەروی سەد دانە بووەو لە کاتی پێویستدا لە دەرەوەی وڵات بە ئامێری فۆتۆکۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە. ماوەی دەرچونی گۆڤارەکە کەوتۆتە نێوان ساڵانی ۱۹۸۰-۱۹۸۵ و دەوروبەری پەنجا ژمارەی لێ دەرچووە. قەبارەی گۆڤارەکە بەسەر دوو ئەندازەدا دابەش دەبێ: هەندێکی بە ئەندازەی فولسکاب دەرچووەو هەندێکی دیکەی بە ئەندازەی نیو فولسکاب. بەرگی هەندێ لە ژمارەکان وێنەی پێشمەرگەی لەسەرە.

## خەلیل جەلال مەجید*



پێشمەرگە. لەدایکبووی ساڵی ۱۹٤٥ی رانیە. ساڵی ۱۹۷۳ پەیوەندیی بە رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ۱۹۷٤ سەرۆکی شارەوانیی تەوێڵە بوو. هەر ئەو ساڵە، پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. لە مانگی نیساندا، کاتێك فڕۆکەکانی عیراق قەڵادزێیان بۆردومان کرد، ئەویش لەوێ دەبێ و بە سوکی بریندار دەبێ.

دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷٥دا، لە رانیە گیرسایەوە.

ساڵی ۱۹۷٦ لە سەروبەندی کارکردندا بۆ پەیداکردنی چەك و خۆئامادەکردن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، لەسەر رێی قەڵادزێ- دۆڵی شەهیدان هەندێ نامەی رێکخستنی پێ گیراو بە دەستبەسەری برایە قەڵادزێ. لەوێ ۳ رۆژ خرایە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان، بەڵام هیچی نەدرکاند. دوا بەدوای ئەمە، بڕیار درا بە هەلیکۆپتەر بنێردرێ بۆ کەرکوك، لە کاتی دەرهێنانی لە ژووری زیندانی بنکەی پۆلیسی قەڵادزێ بۆ ناردنی بۆ دەزگای ئەمنی قەڵادزێ، لەدەست پۆلیسەکان رایکرد، خۆی بە کۆڵانەکاندا کرد و پاشان خۆی بە زێرابێکدا کرد و تا شەو خۆی شاردەوە.

شەو خۆی گەیاندە گوندی سوڵتانەدێ و

لەوێوە چوو بۆ گوندی ئەبوبەکرەو قەڵاتوکان لە حەوزی چیای گەڵاڵی. لەوێ لەگەڵ مام عەولای ئەبوبەکرەو حەسەن برایم شوانی قەڵاتوکان و چەند کەسێکی تر مەفرەزەیەکی سەرەتاییان بە دوو چەکەوە دروست کرد.

ئەو بنکەیەی ئەو لە قەڵاتوکان دایناب‌وو، بوو بەبنکەیەك بۆ دابین کردنی پێداویستییە لۆجستیکییەکان بۆ بنکەکانی یەکێتی لەقەندیل و بۆ ماوەیەکیش وەك ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی و ڕێکخستنی ناوخۆ مایەوە.


دواتر کرا بە فەرماندەی کەرت و ساڵانی پێشمەرگایەتیی لە دەشتی هەولێر، قەرەداغ، گەرمیان، دۆڵی جافەتی و قەڵادزێ بەسەر برد.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨١ لەسەر کانییەکەی گردی ڕەمکان لە نزیك گوندی شەروێت لە ناوچەی قەڵادزێ، خۆی و پێشمەرگەیەکی تر بە هاوەنی یەکێ لە ڕەبیەکانی نزیك شوێنەکە شەهید بوو.

## خەلیل عەبدوڵڵا ئەحمەد



نوسەرو پێشمەرگە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی گەڕەکی ئابلاخی شاری سلێمانی. خوێندنی هەر سێ قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.




ساڵی ١٩٨٦ بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری بەڕێوەبردنی گەنجینە لە پەیمانگای کارگێڕیی موسل بەدەست هێنا. هەمان ساڵ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە مەفرەزەی پارێزگاریی بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە بەرگەڵوو لە دۆڵی جافایەتی خزمەتی کرد.

ساڵی ١٩٨٧ گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٢ی بازیانی تیپی ٥٧ی سەگرمەو لەوێ بووە کادیری ڕێکخراوەیی لە ناو هێزی پێشمەرگەدا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ دا بەشداریی زۆربەی چالاکییەکانی تیپەکەی کردووە. ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ساڵی ١٩٩١ وەك کادیر لە مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی دەستی بەکاری ڕێکخراوەیی

کـردەوە. ساڵی ١٩٩٩ دەستـی بە خوێندن کرد لە کۆلیجی یاسای ئێوارانی سەر بەزانکۆی سلێمانی. ساڵی ٢٠٠١ گوێزرایەوە بۆ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان و ساڵی دواتر بووە بەرپرسی هۆبەی کۆمپیوتەرو نامەو نامەکاریی نهێنی لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی. ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری یاسادا بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠٠٤ بـووە ئەندامـی مەکتەبی بیرو هۆشیـاری. لـە ساڵـی ١٩٩٣ وە لـە ڕێگەی نوسینـەکانییـەوە بـەشدار بـووە لـە بزوتـنـەوەی ڕۆشنبیریدا. لە نوسینەکانیدا زۆرتر جەختی کردۆتە سەر زەق کردنی لایەنە سیاســی - یاساییەکانی بابەتە تاوتوێکراوەکان و پێشکەش کردنی وێنایەکی ریالیستی بۆ ژیانی سیاسی.

ساڵی ٢٠١٤ بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتـی ڕۆشنبیری. دیارترین بەرهەمەکانی: «تاڵەبانی: جۆرج واشنتۆنی عیراق» (٢٠١٠)، «شێوەکانی بەدەست هێنانی مافی چارەنوس» (٢٠١١).

## خەلیل نیعمەت دۆسکی



ئەندامی کۆمیتەی سـەرکـردایـەتـی. لـەدایـکـبووی ساڵی ١٩٥٤ی دهـۆك. ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی پـۆلـیسـی عـیـراقی تـەواو کـردو بـووە ئەفسەر. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد و ساڵی ١٩٨٥ بوو بە پێشمەرگەو کرایە ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی یەکێتی.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لێپرسراوی ناوچەی بادینان بوو، دوای ڕاپەڕین بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای دهۆك بوو لە حکومەتی کوردستاندا، هاوکات ئەندامی مەڵبەندی چواری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە بادینان. مانگی تـەمـوزی ١٩٩٦ کرا بە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پلەی سەربازیی بۆ لیوا بەرزکرایەوە.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، ماوەیەکیش وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بوو لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٠٤ لە شاری دهۆک پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کرد.

## خەماس ڕەشید ئەحمەد*



فەرماندەی کەرت. نـاسـراو بـە پـاڵـە. لـەدایـکـبوی ساڵی ١٩٦١ی شـاری کەرکوك. ساڵی ١٩٨٠ لە کەرکوك پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو پاش دوو ساڵ لە هەرێمی ٢ی کەرکوك بۆتە پێشمەرگە.

پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، خۆی بۆ تیپی

٢٣ی سورداش گواستەوەو لەوێ کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٥ گەڕایەوە بۆ سنوری کەرکوك و لە تیپی ٢١ی کەرکوك لە کەرتی یەکی ساڵەیی وەك فەرماندەی مەفرەزە پێشمەرگایەتیی کرد. دواتر بە پلەی جێگری فەرماندەی کەرت گوازرایەوە بۆ تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.

ساڵی ١٩٨٦ دوا بەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی مەڵبەندی ٤ی لە بادینان دامەزراند و ئازاد هەورامیی وەك لێپرسراوی مەڵبەندەکە بە هێزێکەوە بۆ دەڤەری بادینان نارد. خەماس لەگەڵ هێزەکەدا بە پلەی فەرماندەی کەرت ڕەوانەی بادینان کرا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی دەیان چالاکیی پێشمەرگانەی کردووەو چەند جارێکیش بریندار بووە. لە١٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ دا لە کاتی هێرش کردنە سەر یەکێ لەرەبیەکانی سوپای عیراق لە بادینان شەهید بوو. تەرمی لەوێ بە خاك سپێردراو دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، پاش روخانی ڕژێمی بەعس، گوێزرایەوە بۆ کەرکوك و لەگۆڕستانی رەحیماوا نێژرا.

## خەمینە ساڵح ئەحمەد



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی چەمچەماڵ.

لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرە کە لە زووەوەو تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بووە. دایکی کادیرێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرسراوی لقی چەمچەماڵی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بووەو برایەکیشی سەرلق بووە لە شۆڕشی ئەیلولدا. ئەم ژینگەیە کاریگەریی زۆری لەسەر پەرەسەندنی هۆشیاریی نیشتمانیی هەبووە. لە سەرەتای گەنجێتیدا لەگەڵ دایکیدا بڵاوکراوە حزبییەکانی بەسەر ڕێکخستنەکاندا بڵاو کردۆتەوەو بەشداریش بووە لە چەند چالاکییەك بۆ گەیاندنی داوو دەرمان بە پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بووەو دواتریش لە شاری ئەراك نیشتەجێ بووە. لەوێ قۆناغی ناوەندیی خوێندنی تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٧دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد لە ئێران. لە ساڵی ١٩٧٨دا لە ئەسفەهان ژیانی هاوسەریی لەگەڵ موئمین سەلام سادق پێکهێناو دواتریش خۆیو مێردەکەی گەڕانەوە بۆ کوردستان و لە سلێمانی گیرسانەوە.

ساڵی ١٩٨٠ مێردەکەی پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەوێ زۆر سود لە توانای وەك چەخماخچیو چەکساز وەرگیراو بە هۆی ئەم بەهرەیەوە موئمین سەرقاڵی چاك کردنەوەی چەکە لەکارکەوتووەکان بوو. ئەم کارە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بایەخێکی تایبەتی هەبوو.

خەمینە لەگەڵ مێردەکەیدا ئەم قۆناغەی ژیانی لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر بردووە. سەرەتا لەگوندی ئیلەڵڵای دەشتی کۆیە نیشتەجێ بووە، دواتر بە هۆی ژیانی پێشمەرگایەتییەوە لەگوندەکانی سنوری گەرمیان و قەرەداغ ژیاوە. لەو ماوەیەدا وەك کادیرێکی ڕێکخستن لە ناو ژناندا کاری کردووە.

لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا بە شێوەیەکی نهێنی گەڕایەوە بۆ چەمچەماڵ بەڵام بارودۆخی ئەو کاتەی چەمچەماڵو پشکنینی ماڵەکان و گەڕانی بەردەوامی سەربازەکان بەدوای رزگاربووەکانی شاڵاوی ئەنفالەکاندا، ناچاریان کرد چەمچەماڵ بەجێ بێڵێو لە سلێمانی خۆی بشارێتەوە. لەو ماوەیەدا بە هەوڵ و تەقەللای مێردەکەی، توانی بەخۆیو سێ منداڵەوە بگاتە سنوری مەڵبەندی ٣ بەڵام لە چیاکانی دەوروبەری گوندی بالیسان بەر بۆردومانی کیمیایی کەوتن. پاش نەهامەتییەکی زۆر لە چیای قەندیل ئاودیو بون و گەیشتنە قاسمە رەش. لە ئێران ماوەیەك لەئۆردوگای ئاوارەکانی بارام ئاوا مایەوەو دواتر لەگوندی کانی دینار نیشتەجێ بوو.

ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیی بە یەکێتیی ژنانی کوردستانەوە کرد کە تازە دامەزرا بوو و وەك کادیر کاری تێدا کرد.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە کۆمیتەی ٦ی ئاوارەکان پلەی ئەندامی کەرتی پێ درا، لە ناو یەکێتیی ژنانیش بە پلەی کارگێڕی کۆمیتە کاری کرد. ساڵی ١٩٩٥ پلەکەی لە کۆمیتەی ئاوارەکاندا بۆ ئەندامی کۆمیتە بەرز کرایەوەو لە ساڵی ١٩٩٦دا لە کۆنفرەنسی مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوکدا بەشداری کرد، لە هەڵبژاردندا دووەم دەنگی بەدەستهێناو ئەمەش ئەو دەرفەتەی پێ بەخشی کە ببێتە ئەندامی مەڵبەند. ساڵی ١٩٩٨ گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی مافی مرۆڤو ساڵی دواتر لە کۆمەڵەی داکۆکی کردن لە قوربانیانی ئەنفالکراوەکان وەك ئەندامی لیژنەی باڵا کاری کرد.

ساڵی ٢٠٠٥ کرایە ئەندامی مەکتەبی مافی مرۆڤو ساڵی ٢٠٠٧ بووە لێپرسراوی لیژنەی ٢ی مافی مرۆڤ لە سنوری مەڵبەندەکانی ٢١ی دەوروبەری سلێمانیو ٢٧ی دوکان.

لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ دا لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی کاندید کرا بۆ پەرلەمانی کوردستان. هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی بەشی ئاماری مەکتەبی مافی مرۆڤی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١٠ کرایە لێپرسراوی بەشی کارگێڕیی مەکتەبی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و هەر ئەو ساڵە، پاش کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند دانرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی کەرکوک، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە نیسانی ٢٠٢٠دا لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردی مەکتەبە کاندا، بە لێپرسراوی بۆردی ئەرشیف و مێژووی سەر بە مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری هەڵبژێردرا.

## خەنادق [الخنادق] (گۆڤار)

گۆڤارێکە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگوندی توژەڵە بە زمانی عەرەبی دەری کردووە. ئەم گۆڤارە پاشکۆی عەرەبیی بڵاوکراوەی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» بووە کە بڵاوکراوەیەکە مەکتەبی راگەیاندن لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٨ ـ ١٩٨١ دا دەری کردووە.

ئەم گۆڤارە پێنج ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ دەرچووە و ژمارە ٥ کە دوایین ژمارەیە لە ئابی ساڵی ١٩٨١ لە دوتوێی ٤٠ لاپەڕە دەرچووە. هەموو ژمارەکان بەئەندازەی نیو فولسکاب دەرچون و لە




چاپخانەی برایم عەزۆ لە توژەڵە چاپ کراون.

سەرنوسەری گۆڤارەکە عەرەبێکی خەڵکی موسڵە بە ناوی فایز یونس کە لە ماوەی نێوان ١٩٨٠ - ١٩٨٨ پێشمەرگەی یەکێتی بووەو وەك کادیر لەدەزگای راگەیاندن کاری کردووەو ماوەیەکیش سەرنوسەری رۆژنامەی «شەرارە» بووە. خودی گۆڤارەکە لەسەر پێشنیاری ئەو دەرچووەو هەر خۆیشی ناوەکەی پێشنیار کردووە. هۆی دەرکردنی گۆڤارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو ماوەیەدا رۆژنامەی «شەرارە» درەنگ دەردەچوو و هەست بەوە دەکرا کە رەوشەکە پێویستی بە بڵاوکراوەیەکی عەرەبییە. گۆڤارەکە زۆرتر وتارو بەدواداچونی سیاسیی تێدا بڵاوکراوەتەوەو بایەخێکی تایبەتیشی بە بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە داوە.

بەپێی پلانی تازەی دەزگای راگەیاندن، لە پایزی ساڵی ١٩٨١ «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» و «خەنادق» راگیران و بڕیار درا توانا کوردییەکان بۆ پەرەپێدانی رۆژنامەی «ڕێبازی نوێ» و توانا عەرەبییەکان بۆ پەرەپێدانی رۆژنامەی «شەرارە» تەرخان بکرێن.

## خێڵی حەمە (روداو)

روداوی شەهید کردنی ٤٢ پێشمەرگەی فەرماندەیی شارەزور بە دەستی گروپی جوندولئیسلام لە گوندی خێڵی حەمە لە ساڵی ٢٠٠١. ئەم روداوە کە پاش ١٢ رۆژ لە هێرشەکانی رێکخراوی قاعیدە بۆ سەر بارەگای رێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرك رویداوە. پەیوەندیی نێوان هەردوو روداوەکە کە لەیەك مانگدا رویانداوە لەوە دایە کە گروپی جوندولئیسلام خۆی بە لقی کوردستانی قاعیدە داناوەو کۆنتاکت و پەیوەندیی بەتین لە نێوان هەردولادا هەبوە. روداوەکە لەگەوهەردا رەنگدانەوەی راستەوخۆی پەلهاوێشتنی رێکخراوی قاعیدە بوو بۆ کوردستان.

گروپی جوندولئیسلام ماوەیەکی کەم بوو لە بیارە خۆی راگەیاندبوو و دەیویست ئۆپەراسیۆنێکی وا ئەنجام بدا کە بتوانێ بە هۆیەوە ناوبانگ بۆ خۆی پەیدا بکاو ئەندامە توندڕەوەکانی ناو گروپە ئیسلامییەکانی تر بەلای خۆیدا رابکێشێ.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان روداوەکانی ١١ی سپتەمبەری سەرزەنشت کردبوو و کەوتبوە بەرەی دژی تیرۆرەوە، لە کاتێکدا رێکخراوی قاعیدە بەنیاز بوو بەشێکی چالاکییەکانی لە رێگەی توندڕەوە کوردەکانەوە بۆ هەورامان و خورماڵ و شارەزور بگوێزێتەوە.

لەم سەروبەندەدا راگەیاندنی دامەزراندنی گروپی جوندولئیسلام، وەك گروپێکی توندڕەو، خۆی لەخۆیدا راگەیاندنی جەنگ بوو لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە٢٣ی ئەیلولدا هێزێکی گروپی جوندولئیسلام لە سێ قۆڵەوە، لە قۆڵی گۆمەلارو تەپەکوڕەو دەشتی خارگێلانەوە هێرشی کردە سەر بارەگای فەرماندەیی شارەزور لەگوندی خێڵە حەمەی شارەزور کە نزیکەی دە کیلۆمەتر لە شاری هەڵەبجەوە دورەو کەوتۆتە نێوان گوندەکانی گۆمەلار، تەپی سەفاو شەشکی سەروو.

بەهۆی ئەوەی کەڕەوشی ناوچەکە لەو کاتەدا بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵدەسوڕاو هیچ نیشانەیەکی دۆخی جەنگ لە ئارادا نەبوو، بارەگای فەرماندەیی شارەزور خۆی بۆ هیچ ئەگەرێکی مەترسیدار ئامادە نەکردبوو. ئەمەش ئەو خاڵە بوو کەگروپەکەی جوندولئیسلام قۆستییەوەو ویستی هەڵسوڕانی تیرۆریستانەی خۆی بە ئۆپەراسیۆنێکی گەورە دەست پێ بکا و گورزێك لە هێزی پێشمەرگە بدات.

شەڕەکە سێ سەعاتی خایاندو تێیدا چەند پێشمەرگەیەك لە کاتی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکەدا شەهید بون و ئەوانی تر بە دیل گیران. تیرۆریستانی جوندولئیسلام، وەك بەشێك لە نەریتی تۆقاندن، هەر ئەو رۆژەو هەر لەو گوندە هەموو دیلەکانیان شەهید کردو تەرمەکانیشیان شێواند. روداوەکە شەهید کردنی ٤٢ پێشمەرگەی لێ کەوتەوە.

هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان کوشتنی دیلەکان و شێواندنی تەرمەکانیان تاوانبار کرد، تەنانەت حزبە ئیسلامییەکانیش لە وتاری راگەیەنراویاندا دژی کوشتنی دیلەکان وەستانەوە، بەڵام شێواندنی تەرمەکانیان بە بوختان دایە قەڵەم و وایان بڵاوکردەوە کە مەبەست لەم بوختانە دروست کردنی ناوو ناتۆرەیە بۆ ناوبانگی بزاڤی ئیسلامگەرا.

کوشتنی دیلەکان و شێواندنی تەرمەکان دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو و کۆمەڵگای توشی شۆك کرد. قۆناغی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٣ بە قۆناغی هەڵکشانی شەپۆلی توندڕەوی لە کوردستان دادەندرێ کە تێیدا گروپە ئاینییە توندڕەوەکان کەش و هەوایەکی پڕ تۆقاندنیان هێنایە ئاراوەو هەڕەشەیەکی گەورەیان لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی دروست کرد.

لە٧ی شوباتی ٢٠٠٣دا گروپی جوندولئیسلام تاوانێکی تری ئەنجام دا، کاتێك چەند چەکدارێکی لە پیلانێکدا لەگوندی گامێش تەپەی شارەزور، شەوکەت حاجی موشیری ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان تیرۆر کرد.

ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق، هێزی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر هەموو ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بیارەو خورمال و هەورامان و دەستی بەسەر هەر هەمویدا گرتەوەو لەم سۆنگەیەوە گروپی جوندولئیسلام هەموو گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەدەستدا.

شەهیدەکانی خێڵی حەمە ئەمانەن:

١- فەتاح ئەحمەد کەریم
٢- کاروان ئەحمەد عارف
٣- ئازاد ئەحمەد محەمەد
٤- عومەر عارف عەول
٥- مەحمود حسێن عەلی

٦- حسێن محەمەد نەجم
٧- حسێن محەمەد ساڵح
٨- کەریم سەعید مەحمود
٩- رەحیم مەحمود ئەحمەد
١٠- عەلی عەبدوڵڵا سەعید
١١- زانا ساڵح مەحمود
١٢- جەبار تۆفیق مەحمود
١٣- تەها عەلی حەمە ساڵح
١٤- سدیق ئەحمەد عەزیز
١٥- نازم شوکر کەریم
١٦- محەمەد محەمەد ئەمین
١٧- کامیل محەمەد ئەحمەد
١٨- ئاوات مەمەند سەعید
١٩- رزگار محەمەد سەعید
٢٠- غازی عەلی قادر
٢١- شەهاب ئەحمەد خورشید
٢٢- سیروان فەتاح ئەحمەد
٢٣- یاسین عومەر ئەحمەد
٢٤- تۆفیق محەمەد رەشید
٢٥- فەیزوڵڵا رەشید محەمەد
٢٦- حسێن عەبدوڵڵا حسێن
٢٧- خەلیل عەبدوڵڵا حسێن
٢٨- زانا فەرەج حەمە فەتاح
٢٩- عومەر محەمەد رەسول
٣٠- عەبدوڵڵا رەشید محەمەد
٣١- فەرەج حەمە فەتاح
٣٢- ئەرسەلان فەتاح ئەحمەد
٣٣- ئەحمەد محەمەد عەلی
٣٤- ئەکبەر محەمەد سەعید
٣٥- دڵشاد حەمە رەحیم
٣٦- رەئوف ئەحمەد قادر
٣٧- کامەران محێدین حەمە
٣٨- دڵشاد محەمەد عەلی
٣٩- عەتا عوسمان ساڵح
٤٠- برایم عەزیز ئەمین
٤١- عەدنان عەبدوڵڵا خالید
٤٢- موخلیس تاهیر عەبدوڵڵا.



## دابان - هەلاج (ئۆپەراسیۆن)

یەکەم گەورەترین شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراق دوای پچڕانی وتوویژ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٨٥.

لە ١٥ی شوباتی ١٩٨٥دا هێزێکی گەورەی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر سەربازگەو رەبیەو سەنگەرەکانی سوپای عیراق لە زنجیرە چیاکانی دابان و هەلاج و قەرەتیکان و گۆڕەجوو و کلکەی پیرەمەگرون و دۆڵی شەدەڵە. لە قۆناغی یەکەمدا لە ماوەی ٤ سەعاتدا، لە سەعات ٤ەوە تا ٨، هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر دابان و هەلاج و قەرەتیکاندا گرت. لە قۆناغی دووەمدا هێزی پێشمەرگە پاش گرتنی بارەگای سریەو فەوجێکی هێزەکانی عیراق لەدۆڵی شەدەڵە، دەستی بەسەر تەواوی دۆڵی شەدەڵەدا گرت. بە درێژایی رۆژ رێگای دوکان- سلێمانی بڕاو لە هەمان کاتدا هێزی پێشمەرگە بە تۆپ و دۆشکا ئەو هێزانەی سوپای عیراقی کوتا کە لەسەر رێگای سورداش- دوکان کۆکرابوونەوە.

هەر لەو دەوروبەرەدا شەڕی تر لە نێوان هێزی پێشمەرگەو ئەو هێزانەی سوپای عیراق روویدا کە دەیانویست فریای سەربازگەی شەدەڵە بکەون و لەم سەروبەندەدا پێکدادانێکی سەخت لە قوڵی حاجیتان و

سابوراوا و چالآخ و دولکان و حەسەن تەپەو قازیاواو قالاواو ڕێگای نێوان دوکان- خەلەکان روویدا.

لە شەڕەکاندا سوپای عیراق هێزێکی زۆری پیادەو کۆماندۆو جاش و زرێپۆش و تانك و فڕۆکەی پیلاتۆزو هەلیکۆپتەری جەنگیی بەکار هێنا، لەگەڵ ئەوەشدا هیچی پێ نەکراو زیانێکی زۆری لێ کەوت کە بەمجۆرە بوو: کوژرانی ٥٤٠ سەربازو ١٢ جاش و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆری سەرباز، سوتان و تێکشکانی ٤ تانك و ٢ زرێپۆش و ٢٧ کامیون و بەدیل گرتنی ٩٨ سەرباز. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە دەوروبەری ٢٠٠ پارچە چەك و سەدان سندوق گوللە هاوەن و ئار بی جی و فیشەکی کلاشنکۆف و بیکەیسی و ژمارەیەکی زۆر کەلوپەلی عەسکەری بوو.

لە هێزی پێشمەرگە، تیپە بەشدارەکان بریتی بوون لە تیپەکانی ٥٧ی سەگرمە، ٥١ی گەرمیان، ٣٧ی شارباژێر، ٣١ی پێنجوێن، ٥٣ی شێروانە، ٤٣ی ئاسۆس، ٥٥ی قەرەداغ، ٢٥ی خاڵخاڵان، ٢١ی کەرکوك، ٢٣ی سورداش، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٩٣ی کۆیە، ٩٩ی بیتوێن، تیپی مەڵبەندی ١، تیپی مەڵبەندی ٢، لەگەڵ کەرتی ڕێکخستنی چوارتاو کەرتی ڕێکخستنی کۆیەو کەرتێکی مەڵبەندی ١و هێزێکی دەزگای پێشمەرگایەتی. لەم شەڕەدا هێزی پشتگیری بەشدارییەکی کارای کرد.

هێزی پێشمەرگە ١٧ شەهیدی هەبوو کە ئەمانەن: فاروق محەمەد رەزا، والی قادر باریکەیی، عوسمان عەلی محەمەد، ئیسماعیل عەبد محەمەد، عوسمان محەمەد مەحمود، محەمەد عەزیز، شوان حەکیم حەمە رەش، شامل حەمە عەلی، کاوە تەیفور برایم، سەلیم سەلام حەمەد رەوەند، شەفیق کاکل هێمن، عەبدولخالق عەزیز ئاسۆ، هەمزە خدر، ئومێد ئەحمەد، عەزیز محەمەد شەوگێڕی، هادی عەبدول، برایم حسێن شەریف سەید کەریم.

ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج سەرەتای زنجیرە شەڕێکی گەورە بوو لە ماوەی نێوان پچڕانی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٨٥و دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨.

## دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (پرنسیپ)

یەکێکە لە پرنسیپە گرنگەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پرۆگرامی پەسندکراوی ساڵی ١٩٩٢ی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی بە ناوەڕۆك ئاماژەی گرنگی بۆ واتاکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدایە. لەسێکتەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا، پرۆگرام جەختی کردۆتە سەر تۆکمەکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانو بەدی هێنانی گەرەنتیی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە بواری دابین کردنی داهاتو گەرەنتیی تەندروستیو پتەوکردنی بونیادی خێزانو دەستەبەرکردنی کاردا. ئەمەش زۆرتر لە بڕگەکانی ١و٢و٣و٤ی پەیوەست بە دابین کردنی خانوبەرەو کارو خزمەتگوزاریو گەرەنتیی تەندروستی دەردەکەوێ.

ڕاپۆرتی سیاسیی پەسندکراوی کۆنگرە کە تاڵەبانی نوسیویەتی، لە ژێر سەردێڕی «ئامانجی سەرەکیو دور»دا جەختی کردۆتە سەر دەستخستنی سەرچاوەی داهات بۆ گروپە هەژارو بێکارەکانو «مافی کرێکارانو رەنجدەران لە ژیان و گوزەراندا، لە کارو بێکاریدا، لە دابین کردنی ژیانیان لە کاتی پەککەوتەییو بێ ئیشیدا، واتە لە مافی گەرەنتیی کۆمەڵایەتیو نەخۆشخانەو خوێندن و خۆڕێکخستنو هۆشیاریدا».

پرۆگرامی پەسندکراوی ساڵی ٢٠٠١ی کۆنگرەی

دووەم لە بواری بەرجەستەکردنی پرنسیپی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا لە کۆنگرەی یەکەم باشتر گوزارشتی لە پرنسیپەکە کردوەو بەناو نەك بەناوەڕۆك ناوی هێناوە. لەریزبەندیی ئامانجە گشتییەکانی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیدا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پاش ئاشتی، دیموکراسی، ئازادی و یەکسانی ناوی هاتووە. ئەگەر بەمجۆرە سەیری مەسەلەکە بکەین کە پرنسیپی «یەکسانی» بە بەردی بناغەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دادەنـدرێ و زۆر جار دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە هاوتای یەکسانی دەژمێردرێ، دەردەکەوێ کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پرنسیپی یەکسانییەوە پلەیەك پێش دەکەوێ و پاش ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی ناوی دێ.

پرۆگرام لە سێکتەری ئامانجە ئابورییەکاندا دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی بەئاستێکی گوزەرانی گونجاوەوە بەستۆتەوەو رونی کردۆتەوە کە «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ بەدی هێنانی ئابورییەکی گەشەکردوو لە ڕێی پتەوکردنی ژێرخانی ئابوری و فەراهەم کردنی هەلی داهێنان و گەشەپێدانی ئابورییەوە لەهەموو بوارەکاندا، بەجۆرێك کە توانای ئابوریی وڵاتی پێ بەهێز بکرێ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی شیاو بۆ کۆمەڵانی خەڵك دابین بکات».

لە کۆنگرەی سێیەمدا بەوردەکارییەکی زۆرترەوە جەخت کرایەوە سەر پرنسیپی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە ڕادەیەك کە پرنسیپەکە تێکەڵ بەناسنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرا. پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەکە یەکێتیی نیشتمانیی بەم چەشنە ناسیوە کە «حزبێکی سۆسیال دیموکراتی گەلی کوردستانی عیراقە، لە پێشەوەدا نوێنەری کرێکاران و رەنجدەرانی بیرو بازوی کۆمەڵە، تێدەکۆشێت لەپێناوی تەواوکردنی ئەرکەکانی رزگاریی نیشتمانی و سیستمی دیموکراتی سکولار، بنیاتنانی کۆمەڵی مەدەنیی پێشکەوتووی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای دنیادا، کە درێژەی خەباتە نەپساوەکەی بگاتە وەدی هێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی تا بتوانێت تەبا لەگەڵ بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی هاوسەنگ، کە خۆی لە دابین کردنی خۆشگوزەرانی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی تاك، یەکسانیی ژن و پیاو، یەکسانی لە بەردەم یاسادا ببینێتەوە، هاوکات خەبات دەکات بۆ دابین کردنی یەکسانی لە دەرفەتەکانی کار، نەشونماکردنی سەربەخۆیی تاك، نەهێشتنی چەوساندنەوە، بنەبڕی هەڵاوێردی رەگەزی و چینایەتی و نەتەوایەتی». بە هەمان پێودانگ، پڕۆگرام ئامانجە گشتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی وا داڕشتوە کەخۆیان لەچەردەیەك پرنسیپی یەك لەدوای یەکدا دەبیننەوەو بریتین لە «ئاشتی، دیموکراسی، ئازادی، لێبوردەیی، چەسپاندنی بنەماکانی ئابوریی بازاڕ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی، سەروەریی یاسا، مافی هاووڵاتیبون، کۆمەڵی مەدەنی، مافی چارەنوس، سیستمی سکولار، ئازادیی ویژدان، هاوکاری و پێکەوە ژیانی گەلان بە ئاشتی و ئارامی لەسەر بنەمای رێزگرتن لە ماف و ئیرادەی یەکترو پاراستنی ژینگە».

هەر لەم سەروبەندەدا تێبینی دەکرێ کەپرۆگرام سێکتەرێکی تایبەت بە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ وردکردنەوەی چەمك و مانای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی دە خاڵدا تەرخان کردووە.

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پرنسیپێکە لەسەر بنەمای هێنانە دیی سیستمێکی کۆمەڵایەتی-کەلتوریی پشت ئەستور بە یەکسانی، دابین کردنی هەلی هاوسەنگ بۆ کارکردن، دابەش کردنی دادپەروەرانەی داهات، دەستەبەرکردنی گەرەنتییەکانی ژیان و گوزەران و مسۆگەرکردنی خزمەتگوزاری و

کاڵا گشتییەکان، بە مەبەستی دەستخستنی مافە ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانو چاککردنی گوزەرانی توێژە هەژارو کەم دەرامەتەکان، دامەزراوە.

هەرچەند دادپەروەریی کۆمەڵایەتی جەخت دەکاتە سەر یەکسانی بەڵام ئەم جەخت کردنە ناگاتە ئەندازەی نەهێشتنی تەواوی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو هەوڵ دەدا ئاسەواری جیاوازییەکان لە ناو کۆمەڵگا بەرادەیەك کەم بکاتەوە کە نەبنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی. ئەمە بەم واتایە دێ کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەمانای یەکسانی لە داهات و ساماندا نایەت بەڵکو بەو مانایە دێ کەمافی یەکسان بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دابین بکرێ تا بە ڕەنج و کۆششی خۆیو بەپێی توانای جەستەییو زانستیو ژیریی، بکەوێتە کارکردن بۆ تۆکمەکردنی پێگەی ئابوریو کۆمەڵایەتیی لە ڕێی بەکارهێنانی ڕێوشوێنی ڕەواوە.

خاڵی گرنگ لەم روەوە ئەوەیە کە جیاوازییەکانی تایبەت بەداهات و سامان لە ئاستێکی وادا بمێننەوە کە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە نەبن بەمایەی زیان بۆ کۆمەڵگا، بەم واتایەی کە نایەکسانیی ئابوریو کۆمەڵایەتی بەچەشنێك ڕێك بخرێ کە دەرفەت بەتاکی کەم دەرامەت بدا کەبتوانێ پێگەیەکی ئابوریی باشتر بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

کارکردن بۆ دابین کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی چەند بوارێك دەگرێتەوە لەوانە دابەش کردنی داهاتەکان بە شێوەیەکی دور لە چەوسانەوەو تۆکمەکردنی پێگەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەتایبەتی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە فێرکاریو تەندروستیو ڕێکخستنی کاروباری کرێو موچەو داهاتو باج بە جۆرێك کە زۆرتر لە بەرژەوەندیی هەژارانو کەم دەرامەتەکانو بێکاراندا بێ.

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە بنچینەدا بە مانای دابین کردنی یەکسانی لە ماف و ئەرکەکانو دەرفەتەکانی کاردا دێ. لەم گۆشە نیگایەوە خودی پرنسیپی یەکسانی لەمافدا، رونی دەکاتەوە کە چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەچەمکی مافەکانی مرۆڤ دانەبڕاوەو بەم واتایە دێ کەمرۆڤ شایستەی ئەوەیە کەخاوەنی مافی ئابوریو کۆمەڵایەتیو کەلتوریو مەدەنیو سیاسی بێ، بەو چەشنەی کە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بڕیاری لێ داوە.

لە پڕۆگرامی کۆنگرەی چوارەمدا، لە بڕگەی یەکەمی بەشی دووەمدا کە بۆ دیاریکردنی ئەو ئامانجە گشتییانە تەرخان کراوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپێناوی بەدیهێنانیاندا تێدەکۆشێ، لە ریزبەندیی ١٣ ئامانجە گشتییەکەدا، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی حەوتەم ئامانجە، لە پەیڕەوی ناوخۆشدا پرنسیپەکە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی ٢ دا تێکەڵ بە پێناسەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە و بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆتە یەکێ لە ئامانجەکانی.

## پاشکۆ

## چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە پڕۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمدا (١٩٩٢) گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

١-چارەسەرکردنی کێشەی خانوبەرە بە دابین کردنی خانوو بۆ هەموو خێزانێك بەپێی پلانێکی تایبەتی.

٢-دابین کردنی ئاوو کارەبا و سوتەمەنیو تەلەفۆن، زێرابو ڕێگاوبانو هۆکانی هاتوچۆ بۆ هەموو شارو شارۆچکەو ئاوەدانییەك بەرادەی پێویست.

٣-دابین کردنی تیمارگەو نەخۆشخانەو دەرمانی

پێویست بە خۆڕایی بۆ هەموو ئاواییو شارەکانی کوردستان.

٤-دابین کردنی کار بۆ بێکارانو بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانو پەککەوتەو بەساڵاچوو و خێزانی شەهیدان. داڕشتنی یاسای کار بۆیان بە شێوەیەك بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێو زەمینەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییان بۆ مسۆگەر بکات.

٥-دابین کردنی خوێندن بەخۆڕایی لە هەموو پلەیەکی خوێندندا بۆ هەموو خوێندکارێکی کوردستان و دابین کردنی خوێندنی ئیلزامی بۆ هەموو کوڕو کچێکی کوردستان تا کۆتایی پلەی ناوەندیو دابین کردنی مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەهەموو ناوچەیەکدا.

٦-هەوڵدان بۆ پێشخستنی بەرنامەی خوێندن لەدانشگاو پەیمانگا پیشەییەکاندا بەجۆرێك کە لەبەرژەوەندیی گەشەکردنو پێشکەوتنی وڵات دا بێ.

٧-ژن کە نیوەی کۆمەڵە دەورێکی بنچینەیی لە پەروەردەکردنی رۆڵەکانی کوردستاندا دەگێڕێ تائێستا لەبوارە جۆراوجۆرە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکاندا، جێگەی ئاسایی خۆی نەگرتووە، لەو روانگەیەوە کە ژن و پیاو دەورو کارو خەباتیان بە یەکسان تەماشا ئەکا:

أ-یەکسانیی ژن و پیاو لە بەرامبەر هەموو مافێکی قانونیدا.

ب-ئازادیی پێکەوەنانی خێزانو هەڵبژاردنی هاوسەر پاش تەمەنی ١٨ ساڵ.

ج-هەوڵدان بۆ رێگە گرتن لەفرە هاوسەریو ژن بە ژنو بەزۆر بەشودانی ژن.

د-چاودێریو یارمەتی دانی ژنی دووگیانو دوورخستنەوەیان لەکاری قورس و دابین کردنی ٦ مانگ پشودان بەموچەی تەواو بۆیان.

هـ-مشور خواردنی ساوایانی کوردستانو قەدەغەکردنی کارکردن بەو هەرزەکارانەی کەتەمەنیان لە١٢ ساڵ کەمترە.

٨-دابین کردنی یانەی زانستی و کۆمەڵایەتی بۆ لاوانی کوردستان.

٩-گەشەپێدانی فەرهەنگیی کۆمەڵی کوردستان بە شێوەیەك هەم تاودانەوەیەکی تەواوی رێبازی رزگاریو دیموکراسی و سۆشیالیزم بێ لە کوردستاندا، هەم زەمینە خۆشکەری هێنانە دیو دامەزراندنی بێ.

١٠-گرنگی دان بە ئێستگە و تەلەفزیۆنو شانۆو هونەرە جوانەکانو سینەماو رۆژنامەگەریو پەرەپێدانیان.

١١-پاراستنی سامانو فەرهەنگی نەتەوایەتیو شوێنەوارە کۆنەکانو پاشماوە کۆنەکانو هەوڵدان بۆ دامەزراندنی مۆزەخانەی کوردستان.

١٢-کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیی جۆراوجۆرو پاراستنی لە فەوتان و لەناوچوون.

## دادگای باڵای شۆڕش

دەزگای دادوەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا. لە کۆبوونەوەی ١٧ی ئابی ١٩٨٠ی توژەڵە لە نێوان نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و برایم حسێن عەبدوڵلاو پێشڕەو برایم سەعید، بڕیار درا هەر یەك لە برایم حسێن عەبدوڵلا و پێشڕەو برایم سەعید پرۆژەی پێکهێنانی دادگایەك پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی بکەن. ئەوانیش دوای نزیکەی هەفتەیەك، پرۆژەیەکیان لەم بارەیەوە بۆ مەکتەبی سیاسی بەرزکردەوە، تێیدا پێکهاتەو چۆنێتیی بەڕێوەچوونی ئەرکەکانی دادگا خرایە روو، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە دەبێ لە

کێشە ئاسایییەکاندا یاساکانی عیراق جێبەجێ بکرێن و بۆ کێشەکانی تایبەت بە ئاسایشی شۆڕش، دەبێ مەکتەبی سیاسی هەندێ ڕێنمایی تایبەت دەر بکات.

مانگی تشرینی دووەم دادگا لە ژوورێك لە ناوزەنگ دامەزراو سەرەتا لەدوو یاساناس پێك هات و ناو نرا دادگای باڵای شۆڕش. هەمان مانگ یاساناس سوارە ڕەشید ژاژڵەیی، دەرچووی زانکۆی بەغدا، بوو بە ئەندام لە دادگاکە. دوای ئەو، نەوزاد محەمەد، دەرچووی شەریعەتی ئیسلام، لە دادگا دامەزرا. پاشان قاسم محەمەد مستەفا، دەرچووی بەشی سیاسەت لە کۆلێجی یاساو سیاسەتی زانکۆی موستەنسریەو زیندانیی سیاسی و مستەفا محەمەد، یاریدەدەری دادوەر لە دادگای پێنجوێن، بۆ دادگاکە نێردران. هەر ئەو مانگە، ئەندامەکانی دادگا یەکەم کۆبوونەوەیان ئەنجام داو کارەکانیان بەمجۆرە لە ناو خۆیاندا دابەش کرد:

- برایم حسێن عەبدوڵڵاو پێشڕەو برایم سەعید بۆ بڕیاردان لە کێشەکانی تاوان و کەتن و ئاسایشی شۆڕش.
- سوارە ڕەشید ژاژڵەیی وەك دادوەر.
- نەوزاد محەمەد بۆ کاروباری کەسێتی.
- قاسم محەمەد مستەفا بۆ لێکۆڵینەوە.
- مستەفا محەمەد وەك یاریدەدەری دادوەر لە دادگا.

دوای ئەوەی کە مەکتەبی سیاسی ئەم پێکهاتەیەی دادگای پەسند کرد، عومەر مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسی ڕاسپێردرا سەرپەرشتیی دادگا بکا، بەتایبەتی کە ئەو شارەزایی تەواوی لە کاروباری یاسایی هەبوو، ماوەیەکیش پیشەی پارێزەریی کردبوو.

لە حوزەیرانی ١٩٨١دا یاساناس سەردار عەبدولکەریم پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو وەك دادوەر لە دادگا دامەزراو جێی پێشڕەو برایم سەعید گرتەوە کە وازی لە دادگا هێنا بوو. هەر هەمان مانگ سمکۆ محەمەد، ئەفسەری پۆلیس، گوێزرایەوە بۆ دادگاو ئەرکی لێکۆڵینەوەی پێ سپێردرا. دواتر محەمەد مستەفا، پارێزەر لە سلێمانی، پەیوەندیی بەدادگاوە کرد. ئەگەرچی هیچ کاری پێ نەسپێردرا، بەڵام پرس و رای پێ دەکراو سوود لە شارەزایی و زانیاریی لە بواری  یاسا وەردەگیرا.

لە تشرینی دووەمدا بینایەکی تایبەت بەدادگا لە زەڵێ دروست کرا کە بریتی بوو لە ژوورێکی گەورەو هۆڵێك. ژوورەکە کرا بە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆ حەوانەوەی کارکەرانی دادگا تەرخان کراو بەشەکەی تر بۆ ئیشوکار.

لە کانونی یەکەمدا هەندێ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دادگا هاتنە ئاراوە. جەمال حەکیم ئاغا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بووە سەرۆکی دادگا. ئەندامەکان ئەمانە بوون: برایم حسێن عەبدوڵڵا، فەرهاد ڕەسول و سەردار عەبدولکەریم. سمکۆ محەمەد وەك لێکۆڵەرەوە مایەوە. سوارە ڕەشید ژاژڵەیی و مستەفا محەمەد چوون بۆ دەرەوەی وڵات و قاسم محەمەد مستەفا ئەرکی ڕێکخستنی پێ سپێردرا.

لە شوباتی ١٩٨٢دا برایم حسێن عەبدوڵڵا گوێزرایەوە بۆ کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ، سەردار عەبدولکەریم جێی گرتەوە.

هەمان ساڵ کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر لەوەرتێ دامەزرا کە دەسەڵاتی تەواوی لە ناوچەکەدا هەبوو. لەم ڕووەوە دادگایەکی تایبەت بە هەولێر لەوێ لە سێ دادوەر پێك هات کە ئەمانە بوون: ئیحسان وڵاشی، دڵشاد خورشید (شۆڕش) و یوسف حەسەن حەوێز کە هەر سێکیان یاساناس بوون. ئەم دادگایە لەڕووی کارگێڕییەوە بەکۆمیتەی سەرکردایەتی ناوچەی هەولێرەوە بەسترابۆوەو لەڕووی یاساییەوە بە دادگای باڵای شۆڕشەوە.

پاش پێکهێنانی مەڵبەندەکان، بڕیار درا هەر

مەڵبەندێك دادگای خۆی هەبێ.
ساڵی ١٩٨٥ نەوشیروان مستەفا بووە سەرۆکی دادگای باڵاو لەو دادگایەدا عومەر فەتاح حسێن نوێنەری کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو، قادر حەمە جان نوێنەری یەکێتیی شۆڕشگێڕان بوو.

دادگای مەڵبەندەکان لە ڕووی کارگێڕییەوە بە بەشی کۆمەڵایەتیی مەڵبەندەوە بەسترابۆوەو لەڕووی یاساییەوە بەدادگای باڵای شۆڕشەوە. زۆربەی کێشەکان لە دادگاکانی مەڵبەندەکان یەکلا دەکرانەوە، بەڵام بڕیارەکانی تایبەت بە کێشەکانی ئاسایشی شۆڕش بۆ دادگای باڵای شۆڕش دەنێردران بۆ پەسندکردن و جێبەجێکردن یان بۆ هەموارکردن.

پاش شاڵاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، دامەزراوەی دادگا لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی قادر حەمە جان دادگا دووبارە لە قاسمە ڕەش و بلەکێ و کانی دیلان دامەزرایەوە و لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا ئەرکی دادگاکان تەنها یەکلاکردنەوەی کێشەکانی پێشمەرگە بوو. بە شێوەیەکی گشتی، لە دوای شاڵاوی ئەنفالەوە رۆڵی دادگا دای لە کزی. هەموو دادوەرەکان لە سەقز دادەنیشتن و لەو ماوەیەدا ژمارەیەکیان چوون بۆ دەرەوەی وڵات.

## دارا حەفید



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. ناوی تەواوی دارا جەلال ئەحمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤١ی گوندی کوڕەداوێ لە ناوچەی ماوەت. بە ڕەچەڵەك لە بنەماڵەی شێخ مارفی نۆدێیە. تا جەنگی دووەمی جیهان، بنەماڵەکەی رۆڵێکی کارای لەبزوتنەوەی کوردایەتیدا هەبوە. ساڵی ١٩٤١ باوکی، شێخ جەلال، لەگەڵ شێخ بابا عەلیی کوڕی شێخ مەحمود، لە سۆنگەی سیاسەتەوە بۆ شاری رومادی دور خرانەوە.

ساڵی ١٩٤٦ لە تەمەنی پێنج ساڵیدا، وەك نەریتی ئەو سەردەمە خراوەتە حوجرەو مەلا مستەفا حاجی رەشید وانەی ئاینیی پێ وتۆتەوە بەڵام لە پاڵ وانەی ئاینی، وانەی جوگرافیاو بیرکاری‌و مێژوشی پێ وتۆتەوە. ساڵی ١٩٥٣ لە سلێمانی لەگەڕەکی کانیسکان خراوەتە خوێندنگە.

ساڵی ١٩٥٩ بەهۆی ناکۆکیی بنەماڵەکەی لەگەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، باوکی کوردستانی بەجێ هێشت، خێزانەکەی لەگەڵ خۆیدا بردو لە شاری مەریوانی ئێران نیشتەجێ بوو. بەهۆی ئەمەوە، دارای کوڕیشی لە هەرەتی هەرزەکاریدا ئاوارەی ئێران بوو. لەمەریوان درێژەی بەخوێندن دا و دوو ساڵیش لە شاری سنە خوێندی. ساڵی ١٩٦٣ باوکی لەمەریوان کۆچی دوایی کردو بەم هۆیەوە خێزانەکەی گەڕایەوە بۆ سلێمانی. بەڵام لە سلێمانی خوێندنی ئێرانی بۆ ئەژمار نەکراو بە هۆی ئەمەوە ناچار بوو لە پۆلی سێیەمی ناوەندییەوە دەست بە خوێندن بکاتەوە.

ساڵی ١٩٦٦ بەشداریی لە خولێکی سوپاییدا کردو بە هۆیەوە لە سوپای عیراق وەرگیرا. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بووە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی. بە هۆی ناوبانگی بنەماڵەکەیەوە، حکومەتی عیراق بەقایمقامی رانیە داینا بەڵام بۆ ساڵی دواتر لەپۆستەکە لابراو وەك کارمەند بۆ هەولێر گوازرایەوە. زۆری نەبرد دەستی

لە كاری فەرمی كێشایەوەو دەستی بەكاری ئازاد كرد.


ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە كرد. ساڵی ١٩٧٩ ژیانی پێشمەرگایەتیی هەڵبژاردو لەگوندی بلەكێ لەسەر سنور پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە كردو لەوێوە بەرەو ناوچەی سەركردایەتی ڕۆیی. هەر ئەو ساڵە بە فەرماندەی هەرێمی ٧ی باڵەك دانرا و ساڵی ١٩٨١ كرایە فەرماندەی هەرێمی ٤ی جافەتی. دوای هەڵوەشانەوەی هەرێمەكان و پێكهێنانی تیپو مەڵبەندەكان لە ساڵی ١٩٨٢دا، كرایە ئەندامی مەڵبەندی دوو كە بارەگاكەی لەگوندی سەرگەڵوو بوو لەدۆڵی جافەتیو لەوێ لێپرسراوەتیی بەشی دارایی مەڵبەندی پی سپێردرا. لە ئابی ١٩٨٢دا وەك ئەندامی هێڵی گشتی، بەشدار بوو لەكۆبونەوەی فراوانی كادیرانی ئەو باڵەی یەكێتی لەگوندی توژڵە بە مەبەستی تاوتوێ كردنی پرۆژەی یەكگرتنی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان. كۆبونەوەكە لیژنەیەكی بۆ مشورخواردنی ئەم مەسەلەیە لەدارا حەفید، ڕەئوف سلێمان، فەرید زامدارو پێشەوا تاڵەبانی پێك هێنا. هەر ئەو مانگە لیژنەكە لە ڕەوتی هەوڵەكانیدا، لەگەڵ نوێنەرانی بزوتنەوەدا كۆبۆوەو لەو كۆبونەوەیەدا هەردولا لەسەر یەكگرتنی هەردوو باڵو پێكهێنانی یەكێتیی شۆڕشگێڕانی كوردستان ڕێك كەوتن.

ساڵی ١٩٨٥ لە پلینۆمی یەكەمی یەكێتیی شۆڕشگێڕان كە لە ماوەی نێوان ١١و ١٤ی ئەیلولدا لەكانی زێوكەی گوندی هەڵەدن بەسترا، بە ئەندامی كۆمیتەی سەركردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی دواتر بووە لێپرسراوی هۆبەی پەیوەندییەكانی یەكێتی لەگەڵ ئێران كە بارەگاكەی لەگوندی یاخسەمەر بوو. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لەو شاندەی یەكێتیدا كرد كە لە تشرینی یەكەمدا سەردانی تارانی كردو لەگەڵ ئێراندا گەلاڵەی ڕێككەوتنێكی دوقۆڵیی بۆ ڕێكخستنی پەیوەندییەكانی نێوان هەردولا ئامادە كرد كە دواتر لە لایەن یەكێتییەوە تاڵەبانی واژۆی كردو لە لایەن ئێرانەوە محەمەد باقر زولقەدر سەرۆكی ستادی سوپای ئێران.

ساڵی ١٩٨٧ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی دووی پێ سپێردراو تا ساڵی ١٩٨٨ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو. دوای شاڵاوی ئەنفالەكانو خەستبونی جەنگی كیمیایی لە كوردستان و كشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە شاری بۆكانو پاشان لە شاری سەقز گیرسایەوە. لە ساڵی ١٩٩١ دا ئێرانی بەجێ هێشتو لەنەمسا نیشتەجێ بوو.

ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ كوردستان و كرایە لێپرسراوی لقی سلێمانیی یانەی كۆمەڵایەتیی یەكێتی. ساڵی ١٩٩٧ كرایە بریكاری وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانیی حكومەتی هەرێم و دواتریش كرایە وەزیری هەرێم. ساڵی ٢٠١٠ لە كۆنگرەی سێیەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. لە٢٥ی كانونی یەكەمی ساڵی ٢٠١٢دا كۆچی دوایی كرد.

## دارا سەعدی محەممەد*



پێشمەرگە و كادیری ڕێكخستن. لەدایكبوی ساڵی ١٩٥٩ی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە سلێمانی تەواو كردووەو پاشان چۆتە ئامادەیی پیشەسازی.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی ڕێکخستندا دەستگیر کراو لە بارەگای ئەمنی سلێمانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا. پاشان بۆ دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك ڕەوانە کراو لەوێ بەشەش ساڵ زیندانی حوکم دراو گوێزرایەوە بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب. ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

سەرەڕای گەڕانەوەی بۆ سلێمانیو بەردەوامبونی لەسەر خوێندن و دابڕانی لە ڕێکخستنە نهێنییەکان، هەر لە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکاندا مایەوەو لەهەندێ قۆناغدا فشاری خراوەتە سەر تا کار لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکاندا بکا. هەر ئەو ساڵە، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ڕەوانەی بارەگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرا لەگوندی زەڵێ. لەوێ وەك کادیرێکی تەکنیکار سود لەتوانای وەرگیرا. پەیوەندی کردنی بە هێزی پێشمەرگەوە، دەزگا ئەمنییەکانی هاندا تەنگ بەخێزانەکەی هەڵچننو لەم سەروبەندەدا ماڵی دارا لە خانووە حکومییەکانی کارگەی جگەرەی سلێمانی دەرکران.

ساڵی ١٩٨٢ دارا بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون گوێزرایەوەو لە سنوری تیپەکەدا وەك کادیرێکی لێهاتوو دەرکەوت. لە یەکی تەموزی هەمان ساڵ لە شەڕێکدا لە نزیك گوندی کانی گۆڕانی ناوچەی دۆڵەڕوت، خۆیو پێشمەرگەیەکی تر بەناو ئازاد باپیر لە لایەن هێزێکی جاشەکانەوە گەمارۆ دران. پاش بەرگرییەکی سەخت و دوای ئەوەی جاشێکیان بریندار کرد، دارا بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست جاشەکانەوە، خۆی کوشت. پێشمەرگەکەی تریش بەدیل گیرا.

دەزگا ئەمنییەکان ڕێیان نەدا پرسەی بۆ دابندرێ، بەڵام کەسوکاری بە دزییەوە پرسەیان بۆ داناو دواتریش، پاش گەڕانێکی زۆر بەدوای شوێنی ناشتنیدا، گۆڕەکەیان دۆزییەوە. پێشمەرگەکەی تر درایە دادگاو فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرچوو، بەڵام دواتر بەر لێبوردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا.

## داراغا (شەڕ)

شەڕێکە لە٢ی شوباتی ١٩٨٢ لە نێوان هێزەکانی عێراقو مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی تیپی ٥٧ی سەگرمە بە فەرماندەیی ئەنوەر بارۆیی لە نزیك گوندی داراغا. هێزی پێشمەرگە بەیانیی زووی ئەو ڕۆژە لەگوندی جێشانەوە بەرەو گوندی سەرزەل بەڕێ کەوتبوو. بەر لەوەی مەفرەزەکە بگاتە سەرزەل، هێزێکی گەورەی سەربازو جاش سەر چیاکانی گرتبوو. هەر لەوێ شەڕ دامەزرا. پێشمەرگەکان بەدەم شەڕکردنەوە بەرەو گوندی داراغا ڕۆیشتنو لە نزیك گوندەکە لە ناو ڕکە بەردەکان دامەزران.


دوو پێشمەرگە کە لە پێشەوە بون، لەگەڵ هێزەکانی دوژمن توشی شەڕێکی دەستەویەخە بون. توانییان خۆیان دەرباز بکەن بەڵام لە هێزەکە دابڕان.

سەعات ٨,٣٠ شەڕ دامەزراو هەر زوو چوار هەلیکۆپتەری جەنگی کە بنکەیان لەسەربازگەی تانجەرۆ بوو، هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. ژمارەی پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە هەموی ١٦ پێشمەرگە بوو، لەوانە دوو پێشمەرگە هەر لە سەرەتاوە پاش شەڕێکی دەستەویەخە للە مەفرەزەکە دابڕان. هەر زوو فەرماندەی کەرت ئەنوەر بارۆییو ٣ پێشمەرگە بە ناوی بەکری خەمەو نوری هورمزیارو عەبدول بەگوللەی هەلیکۆپتەرەکان شەهید بونو بە هۆی ئەمەوە مەفرەزەکە تەنها ١٠ پێشمەرگەی لێ مایەوە.

هێرشەکانی سوپای عیراق یەك لە دوای یەك تێك شکێنران. دوو سەعات پێش خۆرئاوابون هەلیکۆپتەرەکان مەیدانی شەڕیان بەجێ هێشت. ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر ورەی هێزی سەربازو جاشەکان بەجێ هێشت. لێرە بەدواوە هێزی دوژمن کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو چەمی کانی گۆمە کشایەوە.

لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە ٤ شەهیدی هەبوو، یەکێکیان فەرماندەی کەرت بوو. دواتر تەرمی شەهیدەکان بۆ بازیان گوێزرایەوە.

## دارۆ شێخ نوری شێخ ساڵح



سیاسەتمەداری دێرین و ئەندامی سەرکردایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٦ی شاری سلێمانی. لە خێزانێکی روناکبیرە. باوکی، شێخ نوری شێخ ساڵح، یەکێ لە شاعیرە پێشەنگەکانی شیعری نوێی کوردییەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بە یەکەم رەخنەگری زانستیی ئەدەبی کوردیی دادەنێن.

دارۆی خوێندکار هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە. لە قۆناغی ئامادەییدا مەیلێکی بە لای ئەدەبدا بزواوە. ئەمەش لە ساڵی ١٩٦٤دا هانی داوە لەگەڵ هاوڕێکانی کۆمەڵەیەکی روناکبیری دروست بکەن و گۆڤارێکیش بە ناوی پرشنگەوە دەرکەن.

ساڵی ١٩٦٧ لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدا وەرگیرا. لەو ماوەیەدا وەک یەکێک لە سەرکردەکانی جولانەوەی خوێندکاریو ئەندامی دەستەی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکەوت. ساڵی ١٩٧٠پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بووە یەکێ لەکادیرە پێشەنگەکانیو لەم سەروبەندەدا کرایە ئەندامی هەرێمی بەغدای کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٧١ خوێندنی لە کۆلیجی کشتوکاڵ تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا. لەو قۆناغەی ژیانیدا چالاکییەکی زۆری بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە نواندو لەم سەروبەندەدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە ئەو ئەرکەی پێ سپارد کە کتێبخانەیەك بە ناوی «بیری نوێ»وە لە شەقامی سەعدون لە بەغدا بەڕێوە ببا. ئەم کتێبخانەیە وەك چەترێك بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری شۆڕشگێڕانەو بیری پێشکەوتنخواز لە ناو خوێندکارانی زانکۆو رۆشنبیرەکان سودی لێ وەرگیرا. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە لەو ماوەیەدا دارۆ شێخ نوری خۆی بە وەرگێڕانی هەندێ ئەدەبیاتی چەپی شۆڕشگێڕەوە سەرقاڵ کردبوو. لەم رووەوە دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە کتێبی «مێژوو»دا رای وایە کە دارۆ شێخ نوری نوسینێکی سەرۆکی کۆریای باکور کیم ئیل سۆنگی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئەو نوسینە لە ساڵی ١٩٧٣ دا بە شێوەی نامیلکە لە سلێمانی وەك یەکێ لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بیری نوێ بڵاوکراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥،گەڕایەوە بۆ سلێمانیو درێژەی بە پەیوەندییەکانی دا لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا. بەڵام هەر ئەو ساڵە بەر شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکان کەوتو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئەندام و کادیرانی کۆمەڵەدا دەستگیر کرا. لە تەموزی ١٩٧٦دا لەگەڵ

٢٢ گیراوی کۆمەڵەدا، لەوانە شەهاب شێخ نوریو جەعفەر عەبدولواحید، دادگایی کراو حوکمی زیندانی کردنی بۆ دەرچوو.

ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە. لە ئابی ١٩٨٠دا لێپرسراوەتیی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی دیمەشقی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٨ کرایە ئەندامی رێکخراوی دەرەوەی یەکێتی لە ئەوروپا.

پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١، گەڕایەوە سلێمانیو لێپرسراوەتیی مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانیی گرتە ئەستۆ. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٢، بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش بڕیاری کردنی ئەندامانی یەدەك بە ئەندامی سەرکردایەتی، بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. دوای زیادکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، یەکێ لەو کاندیدانە بوو کەبۆ ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٩٣ لێپرسراوەتیی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پێ سپێردراو هەر ئەو ساڵە بووە وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە تشرینی دووەمدا لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤاری «روانگەی جیهان»ی گرتە ئەستۆ کەگۆڤارێکە مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووەو چوار ژمارەی لێ دەرچووە.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٣-١٩٩٦دا سەرکەوتوو بوو لە دابین کردنی یەدەکی دارایی بۆ حکومەت. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٠ جێگری سەرۆکی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم بوو. لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی بڕیاری ژمارە ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد لە هەرێم.

لەو کاتەوە تا کۆچی دوایی، لێپرسراوی مەکتەبی دارایی‌و ئیدارەی گشتیی یەکێتی‌و یاریدەدەری سکرتێری گشتی بوو بۆ کاروباری دارایی.

لە٣١ی ئایاری ٢٠٠٤ بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە یەکێ لەنەخۆشخانەکانی سوید کۆچی دوایی کرد. لە٦ی حوزەیراندا تەرمەکەی لەدەروازی برایم خەلیلی زاخۆوە هێنرایە هەرێم و هەمان رۆژ لە رێ و رەسمێکی شایستەدا لەگۆڕستانی گردی ئابلاخ لە سلێمانی بە خاك سپێردرا.

## داری خلە (رووداو)




روداوی داتەپینی ئەشکەوتی داری خلە کە بووە هۆی شەهیدبوونی حەوت پێشمەرگەی پارتیزان. پاش قۆناغی ئەنفال و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، یەکەم مەفرەزەی پارتیزان لە قەرەداغ و گەرمیان لەسەر دەستی مەلا ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزرا.

مەفرەزەکە تا شوباتی ١٩٨٩ لە ناوچەکەدا مابۆوەو بنکەیەکی نهێنیی لە ئەشکەوتی داری خلە دانابوو. لە ئێوارەی ١٩ی شوباتدا ئەشکەوتەکە بەسەر پێشمەرگەکاندا روخاو بەو هۆیەوە ئەوانەی ناو ئەشکەوتەکە شەهید بوون.

پێشمەرگە پارتیزانەکان: مەلا ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین، نوری قادر رەحیم، دارا قادر سەمین، حەیدەر محەمەد کەریم، حەمید قادر کەریم، سەلام محەمەد حسێن‌و رەحیم رەشید ئەحمەد.

لەم رووداوەدا تەنها دوو پێشمەرگە بە ناوی سەید محەمەدو حەمە سۆران رزگاریان بوو کە لە کاتی دارمانی ئەشکەوتەکەدا، لەسەر گردۆڵکەیەکی نزیك ئەشکەوتەکە خەریکی قسەکردن بون بە دەزگای بێ سیم لەگەڵ بنکەکانی تردا. تەرمی شەهیدەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ‌و حەوت مانگ لە ناو ئەشکەوتەکەدا مایەوە. پاش راپەرینی ساڵی ۱۹۹۱، لە٥ی تشرینی یەکەمدا تەرمەکان پاش لابردنی بەردەکان بە شۆفڵ، دەرهێنران‌و لە رێ‌و رەسمێکی شکۆمەندو شایستەدا لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بە خاك سپێردران.

پاش ۳۱ ساڵ لە روداوەکەی ساڵی ۱۹۸۹، لە ۲۹ی شوباتی ۲۰۲۰دا ئەشکەوتەکە دارِوخانێکی تری بە خۆیەوە بینی، بەڵام ئەم جارە هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتەوە، چونکە ئەشکەوتەکە کەسی لێ نەبوو.

## ژیاننامەی شەهیدەکان

***ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین:**

فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ و لێپرسراوی مەفرەزە پارتیزانەکانی قەرەداغ و گەرمیان لە ساڵی ۱۹۸۸دا.

***نوری قادر رەحیم:**

ناسراو بە پۆڵا. لەدایکبوی ساڵی ۱۹٦۷ی گوندی نارێن لە قەزای کفری. ساڵی ۱۹۸٤ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ۱۹۸٦ لە تیپی ٥۳ی شێروانە بۆتە پێشمەرگە.

***حەیدەر محەمەد کەریم:**

لەدایکبوی ساڵی ۱۹٦۸ی گوندی گردە رەشی سنوری ناحیەی پێباز. بەهۆی دەستکورتییەوە نەیتوانیوە بەردەوام بێ لەسەر خوێندن. ساڵی ۱۹۸٤ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ۱۹۸٥ لە مەڵبەندی یەك بۆتە پێشمەرگە.

***رەحیم رەشید ئەحمەد:**

لەدایکبوی ساڵی ۱۹۷۰ی گەڕەکی کەلاری کۆن لە شارۆچکەی کەلار. ساڵی ۱۹۸٤ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ۱۹۸۸ بۆتە پێشمەرگە.

***حەمید قادر کەریم:**

ناسراو بە حاجی حەمید. لەدایکبوی ساڵی ۱۹۳۸ی گوندی قەرەبلاخی سنوری کەلار. لە ساڵانی ۱۹۷٤-۱۹۷٥ پێشمەرگە بووە. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷٥، بە خۆی‌و خێزانییەوە بۆ باشوری عیراق دور خراوەتەوە. ساڵی ۱۹۷٦ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ۱۹۷۸ بۆتە پێشمەرگە.

***سەلام محەمەد حسێن:**

ناسراو بەسەلامە رەش. لەدایکبوی ساڵی ۱۹٦۸ی گوندی نارێن لە سنوری قەزای کفری. دەرچوی پۆلی سێیەمی ناوەندییە. ساڵی ۱۹۸٤ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ بۆتە پێشمەرگە. لە شەڕی گلەزەردە بریندار بووە.

***دارا قادر سەمین:**

ناسراو بە دارا سور. لەدایکبوی ساڵی ۱۹٦٤ی گوندی نارێن لە سنوری قەزای کفری. دەرچوی قۆناغی سەرەتاییە. ساڵی ۱۹۸۳ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە

کردووە. ساڵی ١٩٨٥ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٨٧ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی ٣ی تیپەکە. لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا لە شەڕی کڵاو سپی بریندار بووە.

## داستانی رزگاری (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنێکی گەورەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧دا لە ناوچەی شارباژێر ئەنجامی داوە. نزیکەی چوار هەزار پێشمەرگە بەشدار بون لەئۆپەراسیۆنەکەدا. بەشداربونی ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە لەم ئۆپەراسیۆنەدا، وای کردووە ئۆپەراسیۆنەکە پاش شەڕەکانی قەیوان- ماوەت بە دووەم گەورەترین شەڕی هێزی پێشمەرگە لە ماوەی نێوان ١٩٧٦-١٩٨٧ بژمێردرێ.

ئۆپەراسیۆنەکە لە١٣ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ دەستی پێ کردو تێیدا هێزی پێشمەرگە لە پێنج قۆڵەوە هێرشی کردە سەر هێزەکانی عیراق. لە قۆڵی یەکەمدا بەشێك لە تیپەکانی سەر بەمەڵبەندی یەك هەڵمەتیان بردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عیراق لە خەجە لەرزۆك، کوێرەنگ، شاخەسور، کەڵکی قەیوان، دوبرا، گەوەرە، خەمزە، ئەزمرو دۆڵەڕوت و دەستیان بەسەر ٤٤ رەبیەو ٢ بارەگای سریەو یەك بارەگای فەوجدا گرت.

لە قۆڵی دووەمدا بەشێك لە تیپەکانی مەڵبەندی ٣و سێ تیپی مەڵبەندی دوو هەڵمەتیان بردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عیراق لە بەرزاییەکانی باڵخ، پیر ئەلیاسو وڵاخلوو و توانییان دەست بەسەر ٢٤ رەبیەو بارەگای فەوجەکانی ١٠و ٣٢و ٣٣و ٦٢و سێ بارەگای سریەدا بگرن.

لە قۆڵی سێیەمدا دەزگای پێشمەرگایەتی رابەرایەتیی هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی ٢و ٣ی کردو هەڵمەتی بردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عیراق لە بەرزاییەکانی زینۆی سپیو گەلاڵەو گۆجاڕو دەستی بەسەر ١٣ رەبیەو یەك بارەگای فەوجی سەرباز- جاشدا گرت.



لە قۆڵی چوارەمدا هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی یەكو دوو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عیراق لە چیای گۆیژەو دەستیان بەسەر پێنج ڕەبیەدا گرت.

لە قۆڵی پێنجەمدا بەشێکی هێزەکانی مەڵبەندی دوو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عیراق لە بەرزاییەکانی گمۆو دەستیان بەسەر ریزە ڕەبیەیەکدا گرت.

شەوێك پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، هێزێکی مەڵبەندی ٢و مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی نەخشە گشتییەکەداو بۆ چەواشەکردنی هێزەکانی عیراق، هێرشیان کردبووە سەر سەنگەرەکانی سوپای عیراق لە چیای پیرەمەگرونو دەستیان بەسەر پێنج ڕەبیەدا گرتبوو.

ئۆپەراسیۆنەکە زیانێکی گەورەی بە هێزەکانی عیراق گەیاند. هێزی پێشمەرگە ١١٢ ڕەبیەو ٥ بارەگای سریەو ٧ بارەگای فەوجی گرت. هێزەکانی عیراق ٧٩٧ کوژراوو ١٨٦ دیلیان هەبوو، هێزی پێشمەرگە لە سەرانسەری بەرەکانی شەڕدا دەستی بەسەر نزیکەی ٣٧٠ پارچە چەکدا گرت.

هێزی پێشمەرگە وا لەگەڵ قەرارگای ڕەمەزانی سوپای پاسدارانی ئێراندا ڕێککەوتبوو کە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەدا هێزی پاسداران دەست بە جموجوڵی سەربازی لە ناوچەی ماوەتدا بکاتو هێزەکانی عیراقی لێ دەربپەڕێنێ، بەڵام هێزی پاسداران هیچ جموجوڵێکی نەکردو هێزی پێشمەرگەی بەتەنیا بەجێ هێشت. سەرباری ئەوەی کە سوپای پاسداران لەو ماوەیەدا هیچ جموجوڵێکی نەکرد، ئەو بەڵێنەشی نەبردە سەر کە بە ئازوقەو فیشەك پشتگیریی هێزی پێشمەرگە بکات. بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەم بارەیەوە کرابوو، بەڵێن بە هێزی پێشمەرگە درا بوو کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا بەهەلیکۆپتەر ئازوقەو فیشەكو تفاقی جەنگی فریای هێزی پێشمەرگە بخرێ بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بتوانێ بەردەوام بێ لەسەر ئۆپەراسیۆنەکەو شوێنی دیکەش بگرێ.

لە تۆڵەی ئۆپەراسیۆنەکەدا، هێزەکانی عیراق لە١٥ی نیساندا زۆر بەخەستی کەوتنە کیمیاباران کردنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی دۆڵی جافەتیو ناوچەی مەرگەو سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لەچیاکانی خەجە لەرزۆك، کوێرەنگ، دوبرا، قەیوان، شاخەسورو قوڵەپوشین. بۆ ڕۆژی دواتر، بە فڕۆکە بۆردومانی کیمیایی گوندەکانی توتمە، کانی بەرد، بالیسان، زینێ، بالالوکاوا، بێراواو شێخ وەسانی ناوچەی خۆشناوەتیو سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە چیاکانی ئاراسن و دەرەشیرو ساوسێوەك کرا.

ئەو شوێنانەی کە هێزەکانی عیراق لەساڵی ١٩٨٦ لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەتدا بە سێ مانگ و نیو گرتبویان، هێزی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی داستانی ڕزگاریدا بەیەك شەو هەموی گرتەوە.

بەشێکی سەرکردەو فەرماندە بەشداربووەکانی ئۆپەراسیۆنەکە: کۆسرەت ڕەسول عەلی، قادر حاجی عەلی، دارا حەفید، عومەر عەبدوڵڵا، فەرەیدون عەبدولقادر، عەبدوڵڵا بۆر، عادل شوکر، سامان گەرمیانی، جەعفەر مستەفا بەرزنجی، حەسەن حەمید (ڕۆستەم)، حسێن بندایزانی، بەکر مستەفا سەعید، محەمەد شینە، ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود(ڕێباز)، سابیر ڕەسول، تەحسین کاوانی، نەهرۆ سەعید سۆفی، بورهان سەعید سۆفی، فاقە مەخموری، نوری قادر، ئاوات قارەمانی، حامید حاجی غالی، بەهادین ئەحمەد حەسەن و مەحمود سەنگاوی.

تیپە بەشداربووەکانی ئۆپەراسیۆنەکە: ٦٥ی بلْفەت، ٤٤ی چەکوچ، ٩٩ی بیتوێن، ٦٣ی جوتیاران، ٦٨ی مامەندە، ٥١ی گەرمیان، ٥٣ی شێروانە،

٥٧ی سەگرمە، ٥٩ی حەمرین، ٥٥ی قـەرەداغ، ٨٥ی بەڕانەتی، ٧٨ی کاروخ، ٨٣ی هەورێ، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوغ، ١٢ی سۆران، ٩٣ی کۆیە، ٩١ی سەفین، ١٩ی کۆڕەك، ١٥ی شارەزوور، ٢٣ی سـورداش، ٢١ی کەرکوك، ٢٥ی خاڵخالان، ٣٣ی سلێمانی،٣٧ی شارباژێر، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٤٣ی ئاسۆس. لەتیپەکانی مەڵبەندی ٣ نزیکەی ١٤٠٠ پێشمەرگە بەشدار بوون لە ئۆپەراسیۆنەکەدا و لە هەردو مەڵبەندی ١و٢ نزیکەی ٢٦٠٠ پێشمەرگە بەشدار بون.

## پاشکۆ

## بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی داستانی رزگارییەوە

باهـۆزی پێشـمەرگـەی کـوردسـتـان داگـیـرکـەر رادەمـاڵـێ. لـوتـکـەی چـیـاو گـردو بـەرزاییـەکـانـی کـوردسـتـان گـڕ دەگـرێ و داگـیـرکـەری فاشیست دەسوتێنێ.

رۆڵە قارەمانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رۆڵە پڵنگ ئاساکانی کوردستان روو لە بڵندی و سەرکەوتن هەڵدەکشێن و شاخ و دەشتی کوردستان پاکسازی دەکەن و داگیرکەری لێ دەردەپەڕێنن. ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان لە سەربازگە و مولگای جاشی رژێمی بەعسی عەفلەقی پاك دەکەنەوە. زوڵم و چەوسانەوەو دەستی رەشی سوتاندن و کاول کردن و راگویزانی تێدا ناهێڵن. بوژانەوەو ئاوەدانی و ژیانی بۆ دەگێڕنەوە. سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە رێڕەوی شۆڕشی کوردستان بە هەنگاوێکی گەورەو مێژویی دەست پێ دەکا کە قۆناغی نەبەردی گەورەو زنجیرە نەبەردی رزگـارکـردن و ئـاوەدان کـردنـەوەی ناوچە داگیرکراوو وێرانکراوەکانی کوردستانە.

لـەبـەر رۆشـنـایـی بـڕیـارەکـانـی کـۆمـیـتـەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بـە هـۆشـیـاری و هـیـمـمـەتـێـکی پـڕ لـە زاتـی شۆڕشگێڕانەوە، رۆڵە قارەمانەکانی دەمی رزگاریی گەل و نیشتمانەکەمان، کوڕە بەهەڵمەتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تاکتیکی نوێی جەنگی رزگاریی نیشتمانی، بە کۆکردنەوەی هێزی گەورەو پەلاماردانی دوژمن لە هەموو قۆڵێکی جەبهەیەکی فراوان، وەکو شێر پەلاماری سەدان رەبیەو سەربازگەو مۆڵگای جاشی دوژمنیان دا، لە بەرەیەکی فراوان و بەربلاودا گەورەترین سەرکەوتنی بێ وێنە لە مێژوی گـەلـەکـەمـان بـە نـاوی داسـتـانـی رزگـاری تۆمار دەکەن. شۆڕشی گەلەکەمان بالادەست و دوژمنی داگیرکەریش دەڕەتێنن و ریسوای دەکەن.

لەم داستانە بێ وێنەیەدا شێرەکانی گەلەکەمان، کوڕە بەئەمەك و فیداکارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە چەند سەعاتێ هەموو ئەو ناوچانەیان پاك کردەوە کە دوژمن بە نرخێکی گەورە، بە سەدان کوشت و بریندارو بە زیانێکی گەورە بە ١٠٢ رۆژ داگیری کردن.

هەڵگیرسانەوەی شۆڕش پاش شکستی گەورەو داڕوخانی ١٩٧٥ روداوێکی مێژویی و سەروەرییەکی گـەورەیـە بـۆ گەلەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەروەها سیاسەت و رێبازی سەربەخۆییمان جێگەی شانازیی گەلەکەمان و هەموو تێکۆشەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستـانـە. بێگومان ئەم سەرکەوتنە گەورەیەش کە لە سایەی نابە ڕابەری بوونی هێزو توانای سیاسی، عەسکەری و ئابوریی گەلێکی چەوساوە لە بەرامبەر رژێمی فاشیستی بەغدادا، هەم مایەی سەربەرزی و دلێریی تێکۆشەرە بەهەڵمەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گشت پێشمەرگە و تێکۆشەرانی جولانەوەی کوردە هەم شایەنی ئەوەشە کە هەموو دڵسۆزێکی گەلەکەمان

و دۆستانی لە هەر شوێنێ بن شانازیی پێوە بکەن.

ئەم نەبەردە گەورانەی کە زەبرێکی گورچکبڕن لە دوژمـن، دەرسێکی پڕ مانان بۆ ئەوانەش کە بە هەڵەدا چون و بونەتە نۆکەری دوژمنی گەلەکەمان تـا بـە هـۆش بێنەوەو بگەڕێنەوە بۆ سـەر رێگای راست. چەندین نەبەردی گەورەو هەڵمەتی شێرانەی شـابـازەکـانـی گـەرمـیـان و هـەڵـۆکـانـی کوێستانی مەڵبەندەکانی یەك و دوو و سێی یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان، بـە هاریکاریی مـەفـرەزەیـەکـی پارتی دیموکراتی کوردستان و بـە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرکەوتووانە لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجام دران.

شـەوی دوشـەمـمـە رێـکـەوتـی ١٣ لـەسـەر ١٤ی نیسانی ١٩٨٧، بەگوێرەی نەخشەیەکی مەرکەزیی رێکوپێك و بـە سەرپەرشتیی هـەڤـاڵـی تێکۆشەر مام جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فەرماندەیی راستەوخۆی ئەندامانی سەرکردایەتی و دەزگای پێشمەرگایەتی و بە نمونەیەکی بەرزی قارەمانێتیی فەرماندەکانی تیپ و کەرت و مـەفرەزەو گشت پێشمەرگە قارەمانەکان، بە یەك سات پەلاماری هەموو سەنگەرەکانی بەشی یەکەمی داستانی رزگـاری درا و لە مـاوەی سێ سەعاتی شەودا بەمجۆرە ئەنجام درا:

١-قۆڵی یەکەم:

مەڵبەندی ١ی تێکۆشەر بـە بـەشـداریـی تیپە قـارەمـانـەکـانـی ٥٩ی حـەمـریـن، ٥٣ی شـێـروانـە، ٥٧ی سـەگرمە، ٥٥ی قـەرەداغ، ٥١ی گـەرمیان و بەشێکی تیپی مەڵبەندو لە مەڵبەندی ٢ی تێکۆشەر بە بەشداریی تیپە دلێرەکانی ٢٣ی سـورداش، ٢١ کەرکوك و هێزێکی هاوبەشی تیپی ٦٥ی بڵفەت و ٤٣ی ئاسۆس و ٤٤ی چەکوچ هەڵمەتیان بردە سەر رەبیەو سەنگەرەکانی دوژمن لە شاخ و لوتکەکانی خەجە لـەرزۆك، کـوێـرەنـگ، شـاخـەسـور، کەڵکی قەیوان، دووبرا، گەوەرە، خەمزە، ئەزمڕو دۆڵەڕوت. لە ئەنجامدا توانییان ٤٤ رەبیەو ٢ مەقەر سریەو یەك مەقەر فەوج و یەك سەربازگەی دوژمن بگرن و ٥٠ سەربازو جاشی لێ بە دیل بگرن و ژمارەیەکی زۆر بکوژن و بریندار بکەن و ژمارەیەکی زۆر چەکی هەمەجۆرو بێتەل و دوربـیـن و دەمامکی گـاز بە دەستکەوت بگرن و کەلوپەلەکانیان کۆ بکەنەوە.

٢-قۆڵی دووەم:

مەڵبەندی ٣ی تێکۆشەر بە بەشداریی تیپەکانی ١٢ی سـۆران، ١٩ی کـۆڕەك، ٧٨ی کـاروخ، ٨٦ی دەشـتـی هەولێر، ٨٣ی هـەورێ و بەشێکی تیپی مەڵبەندو مەڵبەندی ٢ی تێکۆشەریش بە بەشداریی تـیـپـی ٢٥ی خـاڵـخـالان، ٤٧ی پـیـرەمـەگـرون و تیپی پارێزگاری هەڵمەتیان بـردە سـەر رەبیەکانی بەرزاییەکانی ولاخلو، باڵخ و پیر ئەلیاس و توانییان بەم هێرشە ٢٤ رەبیەو مەقەری فەوجەکانی ١٠، ٣٢، ٣٣، ٦٢و سێ مەقەر سریەی دوژمـن بگرن و ٦٧ سەبازو جاشی لێ بە دیل بگرن و دەیان پارچە چەکی هەمەجۆرو بێتەل و دوربین بە دەستکەوت بگرن و کەلوپەلێکی زۆری ئەو مۆڵگایانەی فاشیستەکان کۆ بکەنەوەو چەندین سەیارەش بسوتێنن.

٣-قۆڵی سێیەم:

دەزگـای پێشمەرگایەتی بـە تیپە قارەمانەکانی مەڵبەندی ٣ (٩٣ی کۆیە، ٩٩ی بیتوێن، ٨٥ی بەڕانەتی، ٩١ی سەفین، ٨٧ی قەرەچوغ)و هاوکاریی تیپەکانی مەڵبەندی ٦٣(٢ی جوتیاران، ٦٥ی بڵفەت و ٦٨ی مامەندە) هەڵمەتیان بردە سەر بەرزاییەکانی زیـنـوی سپی و گـەلاڵـە و گـۆجارو لـەم هێرشەدا توانییان ١٣ رەبیەو یـەك مەقەر فەوجی سەربازو جاشی دوژمـنـی فاشیست بگرن. پـاش کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆری دوژمن، توانییان ١٤

سەربازو جاش بە دیل بگرن و دەیان پارچە چەکی هەمەجۆر بە دەستکەوت بگرن و چەندین دەزگای بێتەل و کەلوپەلی مۆلگاکانی دوژمـن بخەنە ژێر دەستیان.

٤-قۆڵی چوارەم:

مەڵبەندی ٢ی تێکۆشەر بە تیپی ٣١ی سلێمانی و بەشداریی مەڵبەندی ١ی تێکۆشەر بە تیپی ١٥ی شارەزور لە هەڵمەتێکی کتوپڕدا توانییان ٥ ڕەبیەی سەر شاخی گۆیژە بگرن و زیانێکی زۆر لە کوژراوو بریندار بە دوژمـن بگەیەنن و دەیـان پارچە چەکی هەمەجۆریش دەستکەوتیان بێ.

٥-قۆڵی پێنجەم:

تیپی ٣٧ی شارباژێڕی قارەمانی مەڵبەندی ٢ توانی لە هێرشێکی کتوپڕو دلێرانەدا چەندین ڕەبیەی بەرزاییەکانی دەوری گمۆ بگرێ و پاش کوشتن و بریندارکردنی دەیان سەربازو جاش، ٣٠ سەربازو جاشی بە دیـل گـرت و دەیـان پارچە چەکی هەمەجۆری دەستکەوت بێ و یەك مدەرەعەش بسوتێنێ.

شایانی باسە که دەزگـای پێشمەرگایەتی لە قۆڵێکی ترەوە بە تیپی مەڵبەندی ٢و مەفرەزەیەکی پـارتـی دیـمـوکـراتـی کـوردسـتـان، لـە چواچێوەی نەخشە گشتییەکەدا، بۆ چەواشەکردنی دوژمـن و پاککردنەوەی پیرەمەگرونی دۆستی دائیمی کورد شەوێك بـەر لە هێرشە هەمەلایەنەکە، شـەوی ١٢ لەسەر ١٣ی نیسان لە هەڵمەتێکی دلێرانەدا توانی قوڵە سەوزو قوڵە پوشین و سپیلك و شاخی حاجیتان پاکسازی بکاو پێنج ڕەبیەی دوژمنی تێدا بگرێ و لە ئەنجامدا پاش کوشتنی ژمارەیەکی زۆر جاشی دوژمـن توانی ١١ جاش بە دیل بگرێ و چەندین پارچە چەك و کەلوپەلیش بە دەستکەوت بگرێ.

لە سەرجەمی ئەم داستانەدا، سەرەڕای ئازادکردنی چەندین ناوچەی داگیرکراو، زیاتر لە ٧٩٧ کەس لە دوژمـن کـوژراوە، ١٧٢ سەربازو جاشی لێ بە دیل گـیـراوە، پتر لە ١٠٠ ڕەبیەو ٨ مەقەر فـەوج و ٤ مەقەر سریەی دوژمن گیراوە، نزیکەی ٣٠٠ تفەنگ و ٣٠ ئارپیجی و ٤ ئار بی کەی و ٦ بیکەیسی و ٤ قەناس و ٢٤ دەزگای بێتەل، ٧ هاوەنی ٦٠ ملم، ٣ دۆشکا، ١٥ دیکتاریۆف و کەلوپەلێکی زۆری دوژمن دەستکەوت بوو.

سڵاو لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە بەوپەڕی ئازایەتی و فیداکارییەوە ئەم داستانەیان تۆمار کردووە.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی بە بەخشینی گیانی پیرۆزی خۆیان، ئەم داستانەیان سەرخست، بە خوێنی گەشیان داری ئازادیی گەلەکەمانیان گەشاندەوە.

بـا هـەر سـەرکـەوتـوو و یـەکـگـرتـوو بـێ هێزی پێشمەرگەی کـوردسـتـان. هـەر شـەکـاوە بێ ئاڵای ڕزگاریی کوردستان و یەکێتیی ریزەکانی گەلەکەمان.

مردن و سەرشۆڕی بۆ خائین و خۆفرۆشان.

بڕوخێ ڕژێمی فاشیستی دژ بە مرۆڤی بەغدا.

مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩٨٧/٤/١٤

## دانا ئەحمەد مەجید



پێشمەرگەی دێرین و فـەرمـانـدەی چـوار تیپی هێزی پێشمەرگەو کـادیـری پـەیـوەنـدیـیـە گشتییەکان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی سلێمانی. لە ساڵی ١٩٦٣دا لە قـەڵادزێ خـراوەتـە بەر

خوێندن. هێشتا ئەو ساڵەی خوێندنی تەواو نەکردبوو، کاتێك باوکی کە کارمەندی حکومەت بوو، بۆ سلێمانی گوێزرایەوە. بۆیە ئەویش خوێندنی گواستەوە بۆ سلێمانی. بەڵام دواتر لەوێش، لەبەر گواستنەوەی باوکی بۆ حیللە لە ناوەڕاستی عیراق، خوێندنی بۆ حیللە گواستەوەو لەوێ قۆناغی سەرەتایی خوێندنی تەواو کرد. دواتر، ناوەندیو دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٧٣ چۆتە ناو بواری سیاسەتەوەو لە ڕێی جەمال تاهیرەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینییەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە لە هێزی ئەزمر. ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانیو لەوێ دەستی بە خوێندن کردەوە. ساڵی ١٩٧٨، کاتێك لە قۆناغی دووەمی خوێندندا بوو لە بەشی جیۆلۆژیی کۆلیجی زانستەکانی زانکۆی سلێمانی، لە لایەن سەرکردایەتییەوە داوای لێ کرا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکا. ئەو دەمە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پاش شکستی ئۆپەراسیۆنی هەکاری کە تێیدا زۆرینەی هێزی چەکداری خۆی لە دەست دابوو، بە قۆناغێکی سەختو دژواردا تێدەپەڕیو سەرقاڵی دانانی بەرنامەیەك بوو بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بەشێکی وەرزی هاوینەکەی لە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قەندیل بەسەر برد. هەر ئەو ساڵە دوای پێکهێنانی هەرێمی ١٢ی سۆران، بە پلەی رابەری سیاسیو لێپرساوی ڕێکخستنی ناوچەی ڕەواندزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕەوانەی سنوری هەرێمەکە کرا. ساڵی ١٩٧٩ بۆ هەرێمی ٤ گوێزرایەوەو کرایە فەرماندەی کەرتی یەکی دۆڵەڕوت.

لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە، دوای کارکردن بە سیستمی تیپەکان، لێپرساوەتیی چوار تیپی گرتۆتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی تیپی ٣١ی بەرزنجە. ساڵی دواتر، پاش شەهیدبونی فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆسرەت محەمەد مەحمود باخ ناسراو بە شەماڵ لە ناوچەی خەلەکان، فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا.


لە ساڵی ١٩٨٤دا گوێزرایەوە بۆ تیپی ٢٣ی سورداشو وەك چوارەم فەرماندەی ئەم تیپە لێپرساوەتیی گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ سنوری ناوچەی خاڵخاڵانو کرایە فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.

ساڵی ١٩٨٨ لێپرساوەتیی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی تارانی پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٩٣دا کرایە لێپرساوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیمەشقی پایتەختی سوریا.

ساڵی ٢٠٠٢ لێپرساوەتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٥ لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بە پارێزگاری سلێمانی هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٩ پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کردو ساڵی ٢٠١٠ وازی لە پۆستی پارێزگاری سلێمانی هێناو خۆی خانەنشین کرد.

## دبلن (دانوستانی ئاشتی)

خولێکی وتووێژە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٥دا لە شاری دبلنی پایتەختی کۆماری ئێرلاند بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی نێوانیانو کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ. ئەم خولەی وتووێژ



درێژەپێدانی خولێکی لەمەوبەری وتووێژ بوو لە بەندەری درۆگیدا لە باکوری دبلن.

وتووێژەکە چوار رۆژی خایاند. لە١٢ی ئەیلولی ١٩٩٥ دەستی پێکردو لە١٥ی ئەیلولدا بەبێ هیچ ئەنجامێکی دیاریکراو کۆتایی هات.

وتووێژەکە بە سەرپەرشتیی راسپێردراوی ئەمریکا رۆبەرت دویچ‌و بەشداریی نوێنەرانی تورکیاو بریتانیا وەك چاودێر بەڕێوە چوو. شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفاو ئەندامەتیی هەر یەك لە دکتۆر بەرهەم ساڵح و دکتۆر فوئاد مەعسوم و سەعدی ئەحمەد پیرە بەشداریی لە دانوستانەکاندا کرد، لە کاتێکدا شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان سامی عەبدولڕەحمان سەرۆکایەتیی دەکردو ئەندامەکانی لە جەوهەر نامیق، هۆشیار زێباری‌و موحسین دزەیی پێك هاتبون.

ئەجیندای کۆبونەوەکان تایبەت بوو بە سێ بابەت، ئەوانیش: چەکداماڵینی شاری هەولێر، گێڕانەوەی داهاتی گومرگەکان بۆ حکومەت‌و بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان‌و پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ.

سەبارەت بە بابەتی یەکەم کە چەکداماڵینی هەولێرە، شاندی یەکێتیی نیشتمانی پێشنیاری کرد هێزەکانی لە هەولێرو دەوروبەری بکشێنەوەو لە قوشتەپە کۆ بکرێنەوەو هێزەکانی پارتیش لە دەوروبەری هەولێر بکشێنەوەو لە سەلاحەددین جێگیر بکرێن.

لە بەرامبەردا پارتی دیموکرات پێشنیاری کرد هەر لایەك لە هەولێر تەنها سێ بارەگای لە دەرەوەی شەقامی شەست مەتری هەبێ‌و هەر بارەگایەك ٢٠٠ پاسەوانی بۆ تەرخان بکرێ، هەر لایەکیش دە بەرپرسی لە ناو شاردا هەبێ‌و هەر یەکێکیشیان ٥-١٠ پاسەوانی هەبێ‌و هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە قوشتەپەو بێستانەو دێگەڵە کۆ بکرێنەوەو هێزەکانی پارتی لە کەڵەك و مەلا ئۆمەر و دەربەندی گۆمەسپان، سەرباری ئەوەی کە پارتی پێشنیاری کرد رێی هەولێر- شاوەیس بۆ هاتوچۆی خۆی‌و رێی

هەولێر- قوشتەپە بۆ هاتوچۆی یەکێتیی نیشتمانی تەرخان بکرێ.

سەبارەت بە بابەتی دووەم کەگێڕانەوەی داهاتی گومرگەکانە بۆ حکومەت، شاندی پارتی دیموکرات دژی ئەوە بوو ناوی داهاتی گومرگی برایم خەلیل بهێنرێ. شاندی یەکێتیی نیشتمانی سور بوو لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی گومرگی برایم خەلیلو داوای کرد گومرگەکە بخرێتە ژێر دەستی دەستەیەکی چاودێرەوە، رەزامەندیی لەسەر ئەوەش دەربڕی کە هەموو خاڵە گومرگییەکانی ناوچەی سلێمانی بخرێنە ژێر دەستی دەستەی چاودێرەوە بەڵام شاندی پارتی ئەمەی رەت کردەوە.

سەبارەت بەبابەتی سێیەم کە تایبەت بوو بە وەگەڕخستنەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ، لەو سۆنگەیەوە کە هەردوو لایەن لەسەر دوو بابەتەکەی پێشوو رێك نەکەوتن، ئەم بابەتە باسی لێوە نەکرا.

لە پەراوێزی وتووێژەکەدا شاندی یەکێتیی نیشتمانی دوو کۆبونەوەی دوقۆڵیی لەگەڵ شاندی تورکیادا کرد. شاندی تورکیا لە هەوڵی ئەوەدا بوو وتویژەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوەو دەیویست یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداری پێ بکا لە تەنگ هەڵچنین بە پەکەکەو دابین کردنی ئاسایشی تورکیا. شاندی تورکیا پێشنیاری کرد دەستەی چاودێر لەیەك لایەن پێك بێ کە تورکیایەو وەرگرتنی داهاتی گومرگی برایم خەلیل بە سەرپەرشتیی تورکیا بێ. لەم بوارەشدا شاندەکە ئامادەیی دەربڕی کە داهاتەکە لە بانکێك لە سلۆپی هەڵبگیرێ. شاندی تورکیا زۆر مەبەستی بوو وا لە یەکێتیی نیشتمانی بکا بەشدار بێ لە شەڕی دژی پەکەکەو بکەوێتە گەڕ بۆ دەرپەڕاندنی پەکەکە لە قەندیل. شاندی یەکێتیی نیشتمانی تێڕوانینی جیاوازی لەم بارەیەوە هەبوو.

پێی وابوو وتوویژەکە لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکراتە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەمنییەکانی تورکیا نیە.

نوێنەرانی بریتانیا لە خولەکانی وتوویژدا هیچ رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو. لە بەرامبەردا ئەمریکییەکانیش کەناوبژیوانی سەرەکی بون، نەیانتوانی گەرەنتیی جێبەجێ کردنی هیچ رێککەوتنێك لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکراتدا بکەن، چونکە زۆربەی مەسەلە گرنگەکانیان بۆ تورکیا هێشتبۆوە.

وتوویژەکە هیچی لێ نەکەوتەوە، بەبێ بەیاننامەی کۆتایی دوایی بە کارەکانی هات و هیچ وادەیەکیش بۆ کۆبونەوەی داهاتوو دیاری نەکرا. بەڵام لە ٢٩ی ئەیلولدا رۆبەرت دویچ پرۆژەیەکی ئاشتیی لە شەش خاڵ، لەبەر رۆشنایی گفتوگۆکانی دبلن، بۆ هەردوولا پێشنیار کرد بەڵام ئەم پرۆژەیەش نەیتوانی سەقامگیریو ئاشتی بۆ کوردستان بگێڕێتەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* درۆگیدا (رێککەوتنی پرنسیپە سەرەتاییەکان).
* رۆبەرت دویچ (پرۆژە).

## پاشکۆ
## وتارێکی نەوشیروان مستەفا دەربارەی دانوستانەکانی دبلن

-١-

گفتوگۆکانی رۆژانی ١٢-١٥ی ئەیلولی ١٩٩٥ ی نێوان یەکێتیو پارتی لە دبلن بێ ئەوەی بگەنە ئەنجامێکی سەرکەوتوو کۆتاییان هات.

کۆبوونەوەکان بە سەرپەرشتیی ئەمەریکاو بەشداریی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق و بە چاودێریی تورکیا و بەریتانیا کران.

ئەم کۆبوونەوانە درێژەی کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی ۹-۱۱ی ئابی۱۹۹۵ ی درۆگیدا بوون.

لە کۆبوونەوەکانی درۆگیدا لەبەر ئەوەی هەردوو لای ناکۆك نەیانتوانی لەسەر تەفسیلات ڕێك بکەون، ئیکتیفایان کرد بە دانانی چەند سەرەتایەك کە ئەبوو وەکو چوارچێوە دیاری بکرێن بۆ باسی تەفسیلاتی گیروگرفتەکانو دانانی ڕێو شوێنی چارەسەرکردنیان لە خولێکی داهاتووی گفتوگۆدا.

بەرنامەکانی کۆبوونەوەکانی خولی دووەمی گفتوگۆ وا دانرابوون کە لە ۱۲-۱۵ی ئەیلول لەسەر تەفسیلات بدوێنو پێك بێنو، ڕۆژی ۲۵ی ئەیلول سەرکردەی هەردوو حیزب ئامادە بن بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە.

پاش نیوەڕۆی ۱۲ی ئەیلول کۆبوونەوەکان لە لایەن ناوبژیوانی ئەمەریکاییەوە دەستیان پێکرد، باسەکان هەمان باسەکانی جاری پێشوو بوون:

۱-چەکدالْمالْینی هەولێر.

۲-گێڕانەوەی داهاتی گومرگ.

۳-بەگەڕخستنەوەی پەرلەمانو پێکهێنانەوەی حکومەتی هەرێم.

بابەتی یەکەمو دووەم لە چەند کۆبوونەوەی هاوبەشو دووقۆڵیی کوردی-ئەمەریکی و کوردی-تورکیدا باس کرا. هەردوولای کێشەکە باری سەرنجی خۆیان روون کردەوە. یەکێتی جاری پێشوو بیروڕاکانی خۆی دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەکان لە پرۆژەیەکی درێژدا نووسی بوو. ئەمجارەش پارتی باری سەرنجی خۆی دەربارەی چەکداماڵینی هەولێر ئامادە کردبوو.

ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی زۆرن، بەڵام هەموویان لە یەك سەرچاوەوە هەڵئەقوڵێن، ئەویش: جیاوازیی عەقلیەتی هەردوو سەرکردایەتییە دەربارەی جۆری بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستانی عێراق.

ناکۆکییەکان ئەمجارە لە دوو مەسەلەی سەرەکیدا: هەولێرو ئیبراهیم خەلیل، خڕ کرابوونەوە.

**-۲-**

ئیبراهیم خەلیل

یەکێتی باوەڕی وایە: کوردستانی عێراق یەك وڵاتە، دانیشتوانی ئەم وڵاتە یەك گەلە، رابردوو و ئێستاو پاشەڕۆژیان پێکەوە بەستراوە. هیچ بنەماڵەیەك یا عەشیرەتێك یا حزبێك ناتوانێ خۆی بە خاوەنی ناوچەیەکی دیاریکراو دابنێ و پاوانی بکا بۆ خۆی، پاوانی سیاسی، پاوانی کۆمەڵایەتی، یا پاوانی گومرگی، ئەگەر لە سەردەمی میرایەتیی بادینانو سۆرانو باباندا بۆ هەندێ بنەماڵەو عەشیرەت لوا بێ، ئەوا لەم سەردەمەدا لە هیچ لایەك قوبوڵ ناکرێ.

سەرکردایەتیی دەسەڵاتداری پارتی لە مانگی ئایاری ۱۹۹٤وە دەستی بەسەر دەروازەی نێودەوڵەتیی ئیبراهیم خەلیل-خابوردا گرتووە. داهاتی گومرگی خابور بە تەنیا بۆ خۆی دەبات. زۆریی داهاتەکە بە دزییەوە ئەگوێزێتەوە بانکەکانی دەرەوە، هەروەها دەستی بەسەر ڕێگای هاتوچۆی نێودەوڵەتیدا گرتووە. هەر کەس ئەوان ڕێگای نەدەن ناتوانێ هاتوچۆ بکا، سەرانەی ناقانونییان بە دراوی بێگانە بۆ خۆیان لێ دەسێنن.

سەرچاوەکانی دەرامەتی حکومەتی هەرێم کەمو دیارن، گومرگی ناوچە سنوورییەکان، دەرامەتی دائیرەکانی حکومەت، دەرامەتی کارگەکان، لە بەرامبەر ئەوەدا خەرجیی حکومەت زۆرە. حکومەت بەرپرسیارە لە دابین کردنی مانگانەی مووچەخۆرانی حکومەت، فەرمانبەران، خانەنشینەکان، خێزانی شەهیدان، هەروەها هەندێ پرۆژەی خزمەتگوزاری.

دەروازەی ئیبراهیم خەلیل تەنیا دەروازەی نێودەوڵەتیو ڕەسمییە بۆ بەستنی کوردستانی عێراق

بە دنیای دەرەوە. بازرگانیی نێوان کوردستانی عێراقو بەشێکی گرنگی بازرگانیی عێراق لەگەڵ دنیا لەم ڕێگایەوە ئەکرێ، نوقتەکانی سەر سنووری ئێران بایەخێکی ئەوتۆیان نیەو دەرامەتێکی کەمیان هەیە، چونکە هێشتا ڕەسمیو قانونی نینو بە قاچاخ دائەنرێن. ئێرانیش بە ڕەسمی سنووری نەکردۆتەوە.

داهاتی ئیبراهیم خەلیل هەمیشە لە چاو داهاتی نوقتەکانی گومرگ و داهاتی کارگەکان و داهاتی دائیرەکاندا زۆرتر بووە. کاتێ تورك و عێراق لە مانگی ئابی ١٩٩٤دا ڕێککەوتن لەسەر گوێزانەوەی سوتەمەنی لە عێراقەوە بۆ تورکیا، داهاتی ئیبراهیم خەلیل زۆر زیادی کرد. ڕۆژانە زیاتر لە ١٠٠٠تانکەر هاتووچۆی ئەکرد. زیادبوونی داهاتی ئیبراهیم خەلیل هاندەرێکی کاریگەر بوو بۆ لاساریی سەرکردایەتیی دەسەڵاتداری پارتی بۆ درێژەدان بە شەڕ. بەرپرسەکانی پێشوویان لابرد، نێچیرڤان بارزانی خۆی لە جێگای فازڵ میرانی بوو بە لێپرسراوی لقی ١ی بادینان و شەوکەت یەزدین بارزانی لە جێگای سەربەست زاخۆلی بوو بە بەرپرسی دەروازەی خابور بەتایبەتی داهاتی گومرگ، لەوساوە ئەمانە بە ئاشکرا داهاتی گومرگ بۆ خۆیان دەبەن. تەنانەت دامودەزگا ئیداریو حیزبییەکانی پارتی لە بادینان نازانن پارەی گومرگ چی لێ ئەکرێو بۆ کوێ دەڕوا.

زەوتکردنی داهاتی ئیبراهیم خەلیل گیروگرفتێکی گەورەی لە کوردستانی عێراقدا دروست کردووە.

١-کورتی کەوتۆتە مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، ئەمەش ئاستی ژیانی مووچەخۆرانی دابەزاندۆتە نزمترین پلەی گوزەران.

٢-دینار لە بازار کەم بۆتەوە، بە هۆی گلدانەوەی لای سەرکردایەتیی دەسەڵاتداری پارتیو دابەش نەکردنییەوە، بایی سەوداو کڕینو فرۆشتن پارە لەبەر دەستدا نەماوە.

بە داگیرکردنی ئیبراهیم خەلیل سەرکردایەتیی دەسەڵاتداری پارتی ژیانی زیاتر لە ١٦٠ هەزار مووچەخۆری حکومەتو هەزاران دوکانداری ناو بازاڕ ناخۆشو تاڵ کردووە.

سووربوونی سەرکردایەتیی دەسەڵاتداری پارتی لەسەر داگیرکردنی ئیبراهیم خەلیل هۆی هەرە گەورەی هەڵگیرسانەوەی شەڕی پارتیو یەکێتیو دواییتر هۆی دەرکردنی پارتی بوو لە هەولێر.

-٣-

ئێستاش کلیلی چارەی کێشەکە: ئیبراهیم خەلیلە.

«ڕاگەیاندنی سەرەتاکان» لە درۆگیدا سەبارەت بە داهاتەکانی حکومەت و حیساب کردنی ماوەی رابردوو ڕوونو ئاشکرایە.

-لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا دوای سەلماندنی چەکداماڵینی هەولێر، هەموو ئەو گومرگو داهاتانەی لە لایەن حزبەکانەوە کۆ کرانەوە، لە ژێر سەرپەرشتیی هەیئەتێکی بێلایەن دا کۆ ئەکرێتەوەو بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە ئەخرێتە حسابی بانکەوە.

-حسابی هەموو ئەو داهاتانە بکرێ کە لە ١ی ئایاری ١٩٩٤ەوە لەژێر دەستی حزبەکاندا بووە. ئاخۆ پارتی قوبوڵ ئەکا:

١-ئۆردوگای ئیبراهیم خەلیل تەسلیمی «هەیئەتی بێ لایەن» بکرێ.

٢-پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگەی پارتی لە ئۆردوگای ئیبراهیم خەلیل نەمێنێ.

٣-داهاتی گومرگ بە سەرپەرشتیی هەیئەتی بێلایەن کۆبکرێتەوەو بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە لە بانك دا دابنرێ.

٤-هاتووچۆکردن بۆ دەرەوەو بۆ ناوەوەی کوردستان

لە دەروازەی خابور بخرێتە ژێر سەرپەرشتیی هەیئەتی بێ لایەنەوە.

٥-هەموو سەرچاوەکانی تری داهات: نوقتەکانی گومرگ، دەروازەکانی هاتوچۆ، دەرامەتی کارگەکانو دائیرەکان..ئەوی لە ناوچەکانی دەسەڵاتی یەکێتی یا هی پارتی دایە، وەکو ئۆردوگای ئیبراهیم خەلیل دەبێ بخرێنە ژێر سەرپەرشتیی هەمان «هەیئەتی بێ لایەن» ەوە.

٦-مووچەی مانگانەی هەموو فەرمانبەرانی کوردستان لە ژێر سەرپەرشتیی «هەیئەتی بێ لایەن» دا بدرێ.

نوێنەرانی پارتی لەم خولەی گفتوگۆکان دا سوور بوون لەسەر ئەوەی: دەروازەی خابور لە ژێر دەستی هێزەکانی خۆیانو مووچەخۆرەکانی خۆیان بمێنێتەوە. ئامادە نەبوون بیخەنە ژێر دەستی هەیئەتی بێ لایەنەوە، دەیانەوێ وەکو جاران کۆکردنەوەو هەڵگرتنی داهات لە ژێر دەستی خۆیان بێ.

وەکو «محامییەکی موحتەریف» چۆن بە پارە دیفاع لە تاوانێکی گەورە دەکات، ئاوەهاش نوێنەرانی پارتی لە کۆبوونەوەکاندا دیفاع لەم دزییە ئاشکرایە ئەکەن کە سەرکردایەتیی دەسەڵاتداری پارتی لە خەڵکی کوردستانی دەکا. ئاخۆ لە بەرامبەر ئەو دیفاعە نارەوایەدا لە سەدا چەندی داهاتی ئیبراهیم خەلیلیان بدرێتێ.

-٤-

هەولێر:

لەوەتەی خولی دووەمی شەڕ دەستی پێ کردۆتەوە، سەرکردایەتیی دەسەڵاتداری پارتی هەموو دەستپێشخەرییەکی کوردی، عێراقی، ناوچەیی، جیهانی..بۆ راگرتنی شەڕو دەستپێکردنی گفتوگۆی سیاسی، بە بیانووی داگیرکردنی هەولێرەوە رەت کردۆتەوە. چۆڵکردنی هەولێری کردبوو بە مەرجی پێشەکی بۆ هەموو گفتوگۆو ناوبژییەك. لە راستیدا ئەمە بیانوو بوو، لەوەش مەبەستی سەرەکیی درێژەپێدانی حاڵەتی نیوە شەڕو نیوە ئاشتی، بوو بۆ درێژەپێدانی تاڵانکردنی داهاتی بادینان بەتایبەتی داهاتی ئیبراهیم خەلیل.

دەرکردنی پارتی لە هەولێر لە ئەنجامی داگیرکردنی ئیبراهیم خەلیلو زەوتکردنی دەرامەتەکەی دابوو. تا ئەو زەمانەش سەرکردایەتیی دەسەڵاتداری پارتی سوور بێ لە داگیرکردنی ئیبراهیم خەلیل، دەبێ بیر لەوەش نەکاتەوە بە خۆشیو هێمنی بگەڕێتەوە بۆ هەولێر.

یەکێتی لە مێژە داوای چەکداماڵینی هەموو شارەکانو، هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای حزبیی کردووە، لای وایە هۆیەکی سەرەکیی ئاڵۆزانی هەلومەرجی کوردستان و دروستکردنی مەترسی بۆ سەر حکومەت و پارلەمانی هەرێم «دیموکراسیی چەکدارە». ئەمە یەکێکە لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان بیروبۆچوونی یەکێتیو پارتی:

-یەکێتی وەکو رێکخراوێکی شارستانی، دەیەوێ دەوڵەتی قانونو نیزام هەبێ. دەوڵەت بەرپرسی دابینکردنی ئاسایشی گشتیی وڵاتو دامودەزگاکانی و ئاسایشی تایبەتی سەرو سامانی خەڵك بێ، لە مەناخێکی سیاسیی وەهادا یەکێتی بەهێز دەبێ.

-پارتی ئەیەوێ حوکمی حیزبو میلیشیاکانی بمێنێ، چونکە هەر لەو جۆرە مەناخە سیاسییەدا ئەتوانێ بژیو گەشە بکا. ئەگەر دەسەڵاتی راستەقینەی حکومەتی شارستانی هەبێ دەپوکێتەوە.

بۆیە لە هەر شوێنێکی کوردستان، ئەگەر هەولێر بێ یا هەر شارێکی تر، هەلی چەکداماڵین بێتە پێشەوە، یەکێتی بە خۆشییەوە پێشوازیی لێ ئەکا.

-٥-

یەکێتی پێی خۆشە چەك لە هەولێر دابماڵرێو بکرێتە شارێکی بێ چەك. هەروەها پێی خۆشە چەك لە هەموو شارەکانی تریش دابماڵرێ. جیاوازیی بیروبۆچوونی یەکێتیو پارتی لێرەوە دیسان دەست پێ دەکا:

-یەکێتی چەکداماڵینی هەولێری بەلاوە کارێکی شارستانیی پێویستە بۆ ئەوەی پایتەختی کوردستان ببێتە نموونەی شارێکی ئارامو ئاسودەی پڕ ئاسایشی پێکەوەژیانی هەموو حزبەکان.

-پارتی چەکداماڵینی هەولێری کردە بیانوو بۆ ئەوەی:

١-بیخاتە قاڵبی سزادانی یەکێتییەوە، گوایە یەکێتی هەولێری داگیر کردووە و دەبێ لەسەر ئەوە سزا بدرێ.سزادانەکەش چەککردنە.

٢-بۆشاییەکی چەکدار لە هەولێرو دەوروپشتی دروست بکا و لە یەکەمین دەرفەتدا داگیری بکا.

داواکانی پارتی هەر لە سەرەتاوە لە پەلپ‌و بەهانە ئەچوون نەك لە چارەسەری قابیلی جێبەجێ کردن، چونکە پێش چۆڵ کردنی هەولێر، چوار کێشە دێنە پێشەوە ئەبێ چارەسەر بکرێن:

١-ئەگەر یەکێتی هەولێری لە چەکدار چۆڵ کرد، گەرەنتی چییە پارتی پەلاماری نەداو داگیری ناکا؟ ماوەیەك سەرانی پارتی ئەیانوت: پەیمانی شەرەف گەرەنتییە. لە هەلومەرجی نەبوونی متمانە بە یەکتری، پەیمانی شەرەف بە رووتی بەس نیە بۆ دڵنیابوونی یەکێتی لە نیازی پارتی.

٢-ئەگەر یەکێتی هەولێری لە چەکدار چۆڵ کرد، گەرەنتی چییە پارتی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل چۆڵ ئەکاو تەسلیمی حکومەتی هەرێم یا هەیئەتی بێلایەنی ئەکا؟ تەنانەت ئەگەر رۆژانی یەکەم بۆ سپیکردنەوەی رووی خۆی لای خەڵك تەسلیمی حکومەتی کرد، گەرەنتی چییە پاش چەند رۆژێ جارێکی تر داگیری ناکاتەوە؟

٣-ئەگەر یەکێتی هەولێری لە چەکدار چۆڵ کرد، کێ بەرپرسی ئاسایشی هەولێرو سەلامەتیی سەرو سامانی دانیشتوانی هەولێرو دائیرەو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم دەبێ؟

پارتی زۆری داوا کرد لە خەڵکی هەولێر راپەڕن، خۆپیشاندان بکەن، مان بگرن دژی یەکێتی. دوکانو بازاڕو دائیرەو قوتابخانەو زانکۆ دابخەن. کەس گوێی لێ نەگرتن. گەرەنتی چییە پارتی هەلی چۆڵکردنی هەولێر لە چەکداری یەکێتی ناقۆزێتەوە بۆ ئەوەی باندە چەکدارەکانی بەر بداتە گیانی خەڵکی هەولێرو تۆڵەی پشتگوێ خستنی داواکانیان لێ بکاتەوە؟

٤- ماڵی بارزانیو مەکتەبی سیاسیی پارتیو هەموو بارەگا سەرەکییەکانیان لە سەلاحەدینە.ماڵی مام جەلال و بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیو هەموو بارەگا سەرەکییەکانی لە هەولێرە. ماوەیەکی زۆر پێش هەڵگیرسانی شەڕیش هەروەها بووە. ئەگەر یەکێتی ماڵی لێپرساوو بارەگا سیاسییەکانی لە هەولێر گوێزایەوە وەکو پارتی داوا ئەکا، ئاخۆ پارتی ماڵی مەسئولو بارەگاکانی خۆی لە سەری رەشو سەلاحەدین دەگوێزێتەوە؟

-٦-

پارتی چۆڵکردنی هەولێر لە هێزی یەکێتی، جیا دەکاتەوە لە چۆڵکردنی دەوروپشتی هەولێرو چۆڵکردنی ئیبراهیم خەلیل لە هێزی پارتی.

یەکێتی لای وایە هەتا هێزی پارتی لە دەوروپشتی هەولێر هەبێ، مەترسیی هێرشی پارتی بۆ سەر هەولێرو داگیرکردنی هەیە، لەبەر ئەوە ئاسایشی هەولێرو ناوچەکانی دەوروپشتی هەولێر پێکەوە بەستراون و کار لە یەکتری ئەکەن.

دەوروپشتی هەولێر هێزی پارتیی لێیە، جگە لەوە سەڵاحەدینو سەری رەش کە تۆزێك لە ٣٠ کم لە هەولێرەوە دورن، هەمیشە زیاتر لە ٣ هەزار چەکداری بە بیانووی پارێزگاریی بارەگای مەسعود بارزانیو مەکتەبی سیاسییەوە لێیە، ئەم هێزە هەڕەشەیەکی راستەقینەیە بۆ گرتنی هەولێر، جگە لەو هێزانەی لە کەڵەك، بەحرکە، مەلا ئۆمەر، کەسنەزان، دەربەندی گۆمەسپان.. مۆڵ دراون.

پارتی داوا ئەکا:

-یەکێتی هەروا بە بێ گەرەنتی هەولێر چۆڵ بکاو ئەویش لە شوێنەکانی خۆی بمێنێتەوە.

-هێزەکانی یەکێتی بکشێنەوە بۆ قوشتەپە، بێستانە، دێگەڵەو هێزەکانی خۆی لە کەڵەك، مەلا ئۆمەر، کەسنەزان جێگیر ببێ.

بەمەش بە کردەوە هەولێر دەکەوێتە ژێر رەحمەتی پارتییەوە، کەی ویستی دەتوانێ داگیری بکا.

-رێگای شاوەیس-هەولێری بۆ چۆڵ بکرێ، ئەوسا هەموو رێگاکانی هەولێر جگە لە رێگای قوشتەپە-کەرکوك هەمووی دەکەونە دەستی.

رەنگە یەکێ بپرسێ: ئەی کەواتە دەوری هێزەکانی «هەیئەتی بێلایەن» چی دەبێ لە رێگرتن لە هێرشی پارتی؟ ئەرکی سەرەکیی هێزەکانی ئەم هەیئەتە پارێزگاریی ئاسایشە نەك راگرتنی هێرشی پارتی یا یەکێتی.

-٧-

بۆ چارەکردنی ئەم کێشەیە چەند بەدیلێك پێشنیار کرا:

بەدیلی یەکەم: هێزەکانی هەردوولاو بارەگا سەرەکییەکانی هەردوولاو ماڵی مەسئولەکانی هەردوولا لە هەولێرو سەلاحەددین بگوێزرێنەوە بۆ ناوچەکانی دهۆكو سلێمانی، پارێزگای هەولێر بە تەواویو ناوچەکانی نێوان زابی گەورەو زابی بچوك لە چەکداری هەردوولا چۆڵ بکرێنو بکرێنە مەڵبەندێکی بێ چەك.

بەدیلی دووەم: ماڵی مەسعود و بارەگاکانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیی پارتی لە سەڵاحەددین بگوێزنەوە بۆ سارداو و بارزان.

ماڵی مام جەلالو بارەگاکانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیی یەکێتی لە هەولێر بگوێزنەوە بۆ کۆیەو دوکان.

بەدیلی سێهەم: هەردوولا لە شاری هەولێرو دەوروپشتی وەکو یەك بە کەمترین ژمارەی چەکدار هەبن، بۆ ئەوەی هیچ لایەکیان نەتوانن پەلاماری یەکتری یان پەلاماری هەولێر بدەن. لە ناوچەکانی بەینی سەڵاحەددین، کەرکوك، قوشتەپە، دێگەڵە دا «هاوسەنگیی هێز» لە نێوان هەردوولادا رابگیرێ ئەویش بەمجۆرە:

دەوری هەولێر:

١-هێزەکانی هەردوولا لە شارو دەوروپشتی هەولێر بکێشرێنەوە.

٢-هێزەکانی پارتی لە سەڵاحەددینو هێزەکانی یەکێتی لە قوشتەپە کۆ بکرێنەوە.

٣-شوێنەکانیان بە قەدەر یەك هێزی لێ بێو بە قەدەر یەك لە هەولێرەوە دوور بن.

٤-هەردوولا بە قەدەر یەك بارەگاو پاسەوانیان لە شاری هەولێر ببێ.

٥-هەیئەتی بێلایەن بۆ چاودێریی جموجۆڵی چەکداریی هەردوولا لە هەردوو شوێن چاودێر دابنێ.

ناو شاری هەولێر:

١- «هەیئەتی بێلایەن» کە بە سەرپەرشتیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقو بە رەزامەندیی هەردوولا پێك دێ ئاسایشی هەولێرو دامودەزگاکانیو نوقتەکانی پشکنینی دەروازەکانی شار وەربگرێ.

٢- یەکێتی هێزە چەکدارەکانیو چەکی قورسو ناوەنجی لە ناو شاری هەولێر بکێشێتەوە.

٣-ی ەکێتی بارەگاکانی خۆی کەم بکاتەوە بۆ ٣ بارەگای سیاسیو پارتی ٣ بارەگای سیاسی لە هەولێر بکاتەوە. ژمارەی پاسەوانی هیچ بارەگایەك لە ٢٠ کەس زیاتر نەبێ.

٤- هەر لایەك بۆی هەبێ ٢٠ کەس لە لێپرسراوەکانی لە شاری هەولێر بێو، ژمارەی پاسەوانی هیچ کەسێکیان نابێ لە ١٠ کەس زیاتر بێ.

٥- یەکێتی رێگای قوشتەپە بۆ هاتوچۆ بەکار بهێنێو پارتی رێگای کەسنەزان بۆ هاتوچۆ بەکار بهێنێ.

نوێنەرانی پارتی زۆریی ئەم پێشنیارانەی قبوڵ نەکرد، سور بوون لەسەر داواکانی خۆیان.

پارتی دەیەوێ ئەوەی بە شەڕ بۆی جێبەجێ نەکراوە، بە گفتوگۆ بیهێنێتە دی. دەیەوێ هێزەکانی خۆی لە سەڵاحەددین، کەڵەك، مەلا ئۆمەر، کەسنەزان بهێڵێتەوە و هێزەکانی یەکێتی لە هەولێرەوە دور بن و بچنە بێستانەو دێگەڵە.

-٨-

تورك و ئاشتکردنەوەی کورد

نوێنەرانی تورك بۆ چاودێری لە کۆبوونەوەکانی درۆگیدا بەشدار بوون. لەسەر داوای ئەوان چەند سەرەتایەك دەربارەی پاراستنی یەکێتیی ئەرزی عێراقو بەشداربوونی نوێنەرایەتیی کۆمەڵە ئیتنیکییەکان لە کابینەی داهاتوودا، رەچاوکردنی بایەخە رەواکانی ئاسایشی تورکیا خرابووە ناو راگەیاندنی سەرەتاکانەوە.

پێ دەچێ هەروەکو پارتیو یەکێتی خۆیان ئامادە کردووە بۆ باسی تەفسیلاتی چەك داماڵینی هەولێرو گێڕانەوەی داهاتی گومرگ، تورکیش خۆی ئامادە کردووە بۆ باسی تەفسیلاتی ئاسایشی خۆی لە خولی دووەمینی گفتوگۆکاندا.

لەو پێشنووسەدا کە بۆ رێککەوتنی یەکێتیو پارتی نووسرا بوو، لە دوو جێگا باسی ئاسایشی تورکیای تێ ترنجێنرابوو. جگە لە پێشەکیی رێککەوتننامەکە، بەشی شەشەمی پێشنووسەکەش بۆ هەمان مەسەلە تەرخان کرابو.تەنانەت دەبوو لە جێبەجێکردنی هەموو بەندەکانی رێککەوتنەکەدا ئاسایشی تورکیا رەچاو بکرێ.

پارتی بە لاساریی خۆیو رقی کوێرانە لە یەکێتیو هەڵوێستی نامەسئولانەی بەرامبەر پاشەڕۆژی کوردستانی عێراق، زەمینەی خۆهەڵتێقورتاندنی خۆش کردووە بۆ هەموو هێزە ناوچەییەکان.

هەرچەندە شەڕی خۆبەخۆی کورد زیاتر درێژە بکێشێ، فاکتەری نالەباری تازە دێنە ناو ناکۆکییەکەوە.

١-تورکیا لایەن نەبوو لە گفتوگۆکەدا، ئەوان چاودێر بوون. لایەنە سەرەکییەکانی گفتوگۆ پارتیو یەکێتی بوون. دەبوو ناوبژیکەر(ئەمریکا)و چاودێریکەر (تورکیاو بەریتانیا) هەوڵ بدەن باری سەرنجی ناکۆکی هەردوولا لە یەکتری نزیك بخەنەوە، نەك فرسەت بهێنن داواکانی خۆیانیان بەسەرا بسەپێنن.

٢-ئەم کۆبوونەوانە ئەبوو تەرخان بکرێن بۆ باسی ناکۆکییەکانی پارتیو یەکێتی نەك بۆ باسی ئاسایشی تورکیا.

٣-تا ئەو کاتەی شەڕ لە نێوان پارتیو یەکێتیدا هەیە باسی ئاشتکردنەوەی ئەم دوو حزبەو گێڕانەوەی ئارامیو ئاسایش بۆ کوردستانو دامەزراندنەوەی حکومەتی هەرێم لە پێش هەموو شتێکی ترەوە دێ، دوای بڕینی ئەو قۆناغە ئینجا مەسەلەکانی تر لەوانە ئاسایشی دراوسێکان دێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

نوێنەرایەتیی تورك بە خۆتێهەڵقورتاندنی نابەجێ لە رەوتی کۆبوونەوەکانو ناوەڕۆکی رێککەوتنەکەدا،

نەك نەیتوانی ببێ بە یارمەتیدەر بۆ نزیك خستنەوەی هەردوولا لە یەكتری، بەڵكو بوو بە كۆسپێكی تری ڕێگای لە یەك گەیشتنی پارتی و یەكێتی.

-٩-

ڕەنگە كوردێكی دڵسۆزی كەم ئاگا لە ڕووداوەكانی كوردستانی عێراق و گیروگرفتی ڕۆژانەی ژیانی خەڵك، بەلایەوە شتێكی سەیر بێ كە یەكێتی لەسەر گومرگی ئیبراهیم خەلیل، یا لەسەر ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە هەولێرو دەوروبەری پێ دادەگرێ.

-مەلا ئۆمەرو شاوەیس چەكداری یەكێتی لێ بێ یا هی پارتی؟

-دەروازەی ئیبراهیم خەلیل چەكداری بارزانی لێ بێ یا هی بێلایەن؟

ئەمانە چی لە مەسەلەی كورد دەگۆڕن، چەندی دوا دەخەنو چەندی بۆ پێشەوە دەبەن. وا ئەم دوو حزبە شەڕی لەسەر دەكەن.

بێگومان ئەمانە لە چاو گەورەیی مەسەلەی نەتەوەیی كورددا لەچاو پاراستن یا دۆڕاندنی ئەو دەرفەتە مێژووییەی بۆی هەڵكەوتووە، شتی زۆر بچوك بگرە تووڕەهاتن. دۆڕاندنی شتی گەورە بۆ شتی بچووك، ئەگەر گەوجێتی نەبێ، نەزانییە.

-١٠-

گەورەیی و بچوكی و گرنگیو بێبایەخیی هەموو شت، شتێكی نیسبییە و بەگوێرەی زەمان و زەمین دەگۆڕێ.

جەوەندەیەك ئاو بۆ كابرای تینووی ناو بیابانێكی گەرم، سەد جار لە ڕوباری دیجلە بەنرخترە. داهاتی ئیبراهیم خەلیلیش لەم قۆناغەی ئێستادا بۆ ژیانی نزیكەی ١٧٠ هەزار مووچەخۆر سەد جار لە داهاتی داهاتووی نەوتی كەركوك زۆرترە، «تەبەقی پڕ ئاشتی ماڵە». ماڵی هاووڵاتیی كوردستانی عێراق ئەم ئاشتییەی تیا نەماوە.

پێشینان وتوویانە: قسە هەزارە دوانی بەكارە.

كورتو كرمانجی:

هەولێر لەباتی ئیبراهیم خەلیل گیراوە.

پارتی ئیبراهیم خەلیل بداتەوە، یەكێتیش هەولێر چۆڵ دەكا.

سەرچاوە: كوردستانی نوێ (١٩٩٥/٩/٢٤)

## درۆگیدا( ڕێككەوتنی پرنسیپە سەرەتاییەكان)

ڕێككەوتنێكی سەرەتاییە لە شاری درۆگیدای باكوری كۆماری ئێرلاند لە ساڵی ١٩٩٥ بە ناوبژیوانیی ئەمریكا لە نێوان شاندی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ تاوتوێ كردنی ڕێوشوێنەكانی كۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆو چارەسەركردنی كێشەكانی نێوانیان هاتۆتە دی.

شاندی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتیی نەوشیروان مستەفا بوو، ئەندامەكانیشی لە دكتۆر فوئاد مەعسوم، دكتۆر بەرهەم ساڵح و سەعدی ئەحمەد پیرە پێك هاتبون، لە كاتێكدا شاندی پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەرۆكایەتیی سامی عەبدولڕەحمان بوو و ئەندامەكانی لە هەر یەك لە جەوهەر نامیق، موحسین دزەیی و هۆشیار زێباری پێك هاتبون.

وتووێژەكە سێ ڕۆژی خایاند. لە ٩ی ئابی ١٩٩٥ لە درۆگیدا دەستی پێ كردو لە ١١ی ئابدا بە ڕاگەیاندنی ڕێككەوتنی پرنسیپە سەرەتاییەكان كۆتایی هات و بڕیاریش بوو لە كاتێكی نزیكدا

گفتوگۆ لەسەر وردەکارییەکانی رێککەوتنەکە بکرێ. وتووێژەکە بە ناوبژیوانیی رۆبەرت دویچ نوێنەری ئەمریکاو بەشداریی نوێنەری تورکیا وەك چاودێرو بەشداری کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (INC) هەڵسوڕا.

لە وتوویژەکەدا هەردولا بە شێوەیەکی سەرەتایی لەسەر تاوتوێ کردنی نۆ مەسەلە رێك کەوتن کە ئەمانەی خوارەوەن:

١-چەك داماڵینی شاری هەولێر.

٢-پێکهێنانی دەستەیەکی بێلایەن بە سەرپەرشتیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق.

٣-کەمکردنەوەی هێزەکانی دەوروبەری شاری هەولێرو گواستنەوەیان بۆ ئەو شوێنانەی بۆیان دیاری دەکرێن.

٤-کۆکردنەوەی سەرجەم داهاتی گومرگەکان بە سەرپەرشتیی دەستە بێلایەنەکە دوای ٤٨ سەعات لە راستاندنی چەکداماڵینی شاری هەولێر.

٥-دانانی سیستمێکی ژمێریاری بۆ جەردکردنی هەموو ئەو باج و داهاتانەی کە لە ئایاری ١٩٩٤ وە لە ژێر دەسەڵاتی دوو حزبەکە دان.

٦-دەستپێکردنەوەی کۆبونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان پاش راستاندنی چەکداماڵینی شاری هەولێر بە ٤٨ سەعات.

٧-پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان لە کوردستان.

٨-پاراستنی یەکپارچەیی خاك و سەروەریی عیراق.

٩- لەبەرچاو گرتنی پێداویستییە ئەمنییەکانی تورکیا.

جگە لەم خاڵانە، هەردولا رازی بون بە وەستاندنی شاڵاوی میدیایی دژی یەکتری و تەنگ هەڵچنین بە لایەنگرانی یەکتری و ئازادکردنی لایەنگرە دەستگیرکراوەکانی یەکتری و درێژەدان بە دانوستان بۆ بەدی هێنانی رێککەوتننامەی ئاشتی.

ئەوەی کە هەردولا لە درۆگیدا لەسەری رێك کەوتن، تەنها رێککەوتنێکی سەرەتایی بوو کە وردەکارییەکەی بۆ کۆبونەوەکانی داهاتوو هێڵدرابونەوە. هەرچەند رێککەوتنەکە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی ئەرێنی بوو بەڵام کێشە گەورەکان لە وردەکارییەکاندا بون نەك لە پرنسیپە سەرەتاییەکاندا. بۆیە هەر لە سەرەتاوە هیچ شتێك گەرەنتیی ئەوەی نەدەکرد کە ئەوەی لە درۆگیدا رێککەوتنی لەسەر کراوە، هەنگاوی دیکەی بە دوادا دێ و بە رێککەوتنێکی گشتگیر دەگات.

هەرچەند هەردولا لەسەر تاوتوێ کردنی پرنسیپی چەکداماڵینی هەولێری پایتەخت رێك کەوتبون، بەڵام



تەگەرەی گەورە لە بەردەم بەدی هێنانی ئەم ئامانجەدا هەبوو. پێش هەموو شتێك، پرۆژەكە پرۆژەیەكی تەمومژاوی بوو و تەنانەت لە كۆبونەوەكانیش تێڕوانینی بە ئەندازەی پێویست ڕۆشن لای هەردولا لە بارەیەوە نەبوو. چەكدامالّینی هەولێر كەمترین شت بوو كە پارتی دیموكراتی كوردستانی پێ ڕازی دەبوو. بە لای پارتییەوە ئەم مەسەلەیە قەرەبونەكردنەوەی شكستی عەسكەریی بوو لە هەولێر، بۆیە زۆر پێی لەسەر دادەگرت، لە كاتێكدا كە چەكدامالّینی هەولێر لای یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بەو چاوە سەیر دەكرا كە هەولّێكە ئامانجەكەی وەدەرنانی هێزەكانێتی لە هەولێر.

لە ڕێككەوتنەكەدا بڕیار لە پێكهێنانی دەستەیەكی بێلایەن بە سەرپەرشتیی كۆنگرەی نیشتمانیی عیراق درا بوو. دیارە پێكهێنانی دەستەیەكی بێلایەن دەیتوانی ببێ بە هۆكارێكی یارمەتیدەر بۆ زالّبون بەسەر هەندێ گیروگرفتدا، بەلاّم لەسەر مەسەلەی ڕۆڵی كۆنگرەی نیشتمانیی عیراق كە كۆبونەوەكە بە دەستە بێلایەنەكەی ژماردووە، جیاوازی لە نێوان دەق و ڕاگەیاندنی ڕێككەوتنەكەدا هەبوو. لە كاتێكدا دەقەكە تەنها ئەركی سەرپەرشتی كردنی جەردی داهاتە گومرگییەكانی بە كۆنگرەی نیشتمانیی عیراق سپارد بوو، لە گفتوگۆكاندا ئەركێكی گرنگتر بە كۆنگرەی نیشتمانیی عیراق سپێردرا بوو كە ئەركی پاراستنی ئاسایشی هەولێری پایتەختە پاش چەكدامالّینی. پشت گوێ خستنی ئاماژەكردن بەم خالّە گرنگە هیچ مانایەكی نەبوو.

بەپێی گفتوگۆكانی كۆبونەوەكە، چەكدامالّین بە مانای دەرچونی هێزەكانی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس دەهات. بۆ چارەسەركردنی كێشەی ئاسایشی پایتەخت، وا پێشنیار كرابوو كە ئەركەكە بە هێزەكانی كۆنگرەی نیشتمانیی عیراق بە سەرۆكایەتیی ئەحمەد چەلەبی و هەندێ لە حزبە كوردستانییەكان بسپێردرێ. هەرچەند شاندی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لاریی لەم پێشنیارە نەبوو، بەلاّم بڕوای بەوە نەبوو كە كۆنگرەی نیشتمانیی عیراق و حزبە كوردستانییەكان بتوانن ئاسایشی هەولێر بپارێزن. بە كردەوە، هێزەكانی كۆنگرەی نیشتمانیی عیراق و حزبە كوردستانییەكان لەو ئاستەدا نەبون كە ئاسایشی شارێكی گەورەی وەك هەولێر بپارێزن، جگە لەوەی كە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە پێكهاتەی هێزەكانی كۆنگرەی نیشتمانیی عیراق نیگەران بوو چونكە ڕێژەیەكی گەورەی ئەو هێزانە، ژێربەژێر، سەر بە پارتی دیموكراتی كوردستان بون.

سەرباری لەق بونی متمانە لە نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان كێشەیەكی گەورە بوو. لە مەسەلەیەكی هەستیاری وەك چەكدامالّینی هەولێر، هیچ شتێك گەرەنتیی ئەوەی نەدەكرد كە هێزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان پاش دەرچونی هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە هەولێر، دەست بەسەر شارەكەدا ناگرن. لەبەر بێ متمانەیی بە یەكتری، زەحمەت بوو ئەم ئەگەرە بە هەند وەرنەگیرێ. لە لایەكی ترەوە، یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەوە دلّنیا نەبوو كە پارتی ئامادەیە گومرگی برایم خەلیل ڕادەستی حكومەتی هەرێم بكاتەوە و ئەژمارێكی ڕاستەقینە بۆ داهاتەكانی لە ئایاری ١٩٩٤ەوە پێشكەش بكات.

لە سەرێكی ترەوە، فاكتەری توركی ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێككەوتنەكە هەبوو. گرنگترین خەمی توركیا كە نوێنەری لە كۆبونەوەكاندا هەبوو، چۆنێتیی تەنگ هەلّچنین بوو بە پەكەكە. لەسەر ئەم بابەتە، هیچ تێڕوانینێكی جیاواز لە نێوان توركیاو پارتی دیموكراتی كوردستاندا نەبوو. لە ٩ خالّی ڕێككەوتنەكە، ٣ خالّ لە ژێر كاریگەریی فاكتەری توركیدا بون، واتە خالّەكانی

٧ و ٨ و ٩. له خاڵی حەوتەمدا تورکەکان خوازیار بون ڕۆڵێکی سیاسیی کاراتر بۆ کەمینەی تورکمان مسۆگەر بکەن، بۆیە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ لە حکومەتی بنکە فراوانی هەرێمدا پێگەیەکی شیاو بۆ «گروپە ئیتنیکییەکان» دابین بکرێ کە لێرە زۆرتر مەبەستیان تورکمان بووە. لە خاڵی هەشتەمدا تورکەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم ڕێککەوتنەو هەر ڕێککەوتنێکی تر دەبێ لە چوارچێوەی یەکپارچەیی و سەروەریی عیراقدا جێبەجێ بکرێ چونکە تورکیا زۆر لە ئەگەری جیابونەوەی کوردستان لە عیراق نیگەران بوو. لە خاڵی نۆیەمدا تورکیا ڕێککەوتنەکەی بە دابین کردنی پێداویستییە ئەمنییەکانی خۆیەوە بەستەوەو لەمەدا مەبەستی ئەوە بوو حزبەکانی کوردی عیراق هاوکاری بن لە پاراستنی ئاسایشی سنوری و ڕەواندنەوەی مەترسیی گەریلاکانی پەکەکە. هەروەها فاکتەری تورکی ڕۆڵی لە ناو نەهێنانی هەرێمی کوردستان لە دەقی ڕێککەوتنەکەدا هەبوو. بۆیە ڕێککەوتنەکە ناوی هەرێمی کوردستانی تێدا نەهاتووە، بەڵکو بە شێوەی «پارێزگاکانی باکور» ئاماژەی پێ دراوە، وەك لە خاڵی حەوتەمدا دەردەکەوێ.

ئەو کێشانەی کە لە ڕێککەوتنەکەدا بون، بۆ کۆبونەوەی دواتر گوێزرانەوە. لە ١٢ی ئەیلولدا هەردوو شاند بە ناوبژیوانیی ئەمریکاو ئامادەبونی چاودێرانی تورکیاو بریتانیا لە دبلنی پایتەختی کۆماری ئێرلاند بۆ تاوتوێ کردنی وردەکارییەکانی ڕێککەوتنی پرنسیپە سەرەتاییەکانی درۆگیدا کۆ بونەوەو دەستیان بە خولێکی دیکەی وتوویژ کرد کە چوار ڕۆژی خایاند و بە هیچ سەرەنجامێکی یەکلاکەرەوە نەگەیشت.

بابەتی پەیوەندیدار:

*دبلن (دانوستانی ئاشتی).

*ڕۆبەرت دویچ (پڕۆژە)

## پاشکۆ
## دەقی ڕێککەوتنی پرنسیپە سەرەتاییەکانی درۆگیدا

هەردوو حزبی سەرەکیی کوردی عیراق، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژانی ٩ تا ١١ی ئابی ١٩٩٥ لە درۆگیدا لە ئێرلاند، بە سەرپەرشتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بە بەشداریی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (INC) بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان، وتوویژیان ئەنجام دا، هەروەها حکومەتی تورکیا وەك چاودێر ئامادەی کۆبونەوەکە بوو. لەو وتوویژەدا هەردوو حزب پەیمانیان دا کە ئاگربڕ بپارێزن و هەوڵ بدەن ئەو ئاگربڕە ببێتە هەمیشەیی.

هەروەها هەردولا ڕازی بون کە شاڵاوی ڕاگەیاندن دژی یەکتری بوەستێنن و هەر لایەکیان ڕێز لە مافی لایەنگرانی لاکەی تر بگرێ و دەستگیرکراوەکانی لای هەردوولا کە لە ڕوداوو شەڕەکانی ئەم دواییەداگیراون، ئازاد بکرێن.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕازی بون دانوستان درێژەی پێ بدرێ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئاشتی کە ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت:

-داماڵینی چەك لە ناو شاری هەولێر.

-پێکهێنانی دەستەیەکی بێلایەن بە سەرپەرشتیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق.

-کەم کردنەوەی هێزەکان لە دەوروبەری هەولێرو کۆکردنەوەیان لە چەند بنکەیەك کە لەسەری ڕێك دەکەون.

-دوای ٤٨ سەعات لە ڕاستاندنی داماڵینی چەك لە هەولێر، داهاتی گومرگەکان و هەموو داهاتەکانی دیکە کە حزبەکان کۆی دەکەنەوە، بە سەرپەرشتیی دەستە بێلایەنەکە دەخرێنە ئەژماری بانکیی حکومەتی

هەرێمەوە.
-هەموو ئەو داهاتانەی کە لە لای حزبەکان دان، لە ١ی ئایاری ١٩٩٤ەوە جەرد دەکرێن.
-گەڕانەوەی شەرعیەتی دەسەڵاتی هەرێم لە ڕێی گەڕانەوەی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی هەرێم بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبونەوەکانی لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا لە ڕاستاندنی داماڵینی چەك لە شاری هەولێر.
-پەرلەمانی هەرێم بە خێرایی ئیدارەیەکی نوێی بنکە فراوان بۆ پارێزگاکانی باکور پێك دێنێت کە حزبی دیکەو گروپە ئیتنیکییەکان تێیدا بەشدار بن.
-هەموو خاڵەکانی سەرەوە لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاك و سەروەریی عیراقدا جێبەجێ دەکرێن.
-ئەم خاڵانە بەرژەوەندییە ڕەواکانی تورکیا لەبەرچاو دەگرن.

١٩٩٥/٨/١١

درۆگیدا- ئێرلاند

## دڕی (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە دەمەوبەیانی ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٧٨ لە نزیك گوندی دڕی لە ناوچەی ماوەت. پاش شەڕێکی سەخت و دەستەویەخە، شەش پێشمەرگە بە ناوی ئەحمەد فەتحوڵلا یاریدەدەری فەرماندەی هەرێمی ٣و ئەندامی پێشکەوتووی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، قادر ئەمین، عوسمان مەجید شوان، جەزا مستەفا، محەمەد حاجی عەلی و فەرەیدون حاجی برایم شەهید بوون و ٣ پێشمەرگەش بە ناوی ساڵح محەمەد ئەحمەد، ئیبراهیم وەیس فەتاح و مستەفا حاجی محەمەد بە برینداری بە دیل گیران.

## دلاوەر ئەحمەد مەجید



کادیری ڕێکخستن و ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان و پێشمەرگە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی شاری سلێمانی. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٧٩دا بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٧٣ لە ڕێی جەمال تاهیرەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینییەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٧٤دا بۆتە پێشمەرگەی هێزی ئەزمر لە پێنجوێن. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی‌و درێژەی بە خوێندن داوە.
ساڵی ١٩٧٦ لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی لە بەغداگرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٧٨ بەشدار بوو لە پرۆژەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان‌و لەم سەروبەندەدا بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی دامەزراندنەوەی ڕێکخراوەکەداو دواتریش بووە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی لقی بەغدای ڕێکخراوەکە.
ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی بازیان‌و قەرەداغی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پی سپێردرا. لە ساڵی ١٩٨٢دا کرایە فەرماندەی کەرتی ٢ی بازیان لە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمەو دواتر بە پلەی فەرماندەی کەرتی یەکی قەرەداغ گوێزرایەوە بۆ

سنوری تیپی ٥٥ی قەرەداغ. لە ساڵی ١٩٨٣دا بووە جێگری فەرماندەی تیپی مەڵبەندی دوو کە فاتیح شوانی فەرماندەی بوو. لە ساڵی ١٩٨٤دا وەك جێگری فەرماندەی تیپ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٩٣ی کۆیە.

لە ساڵی ١٩٨٧دا چوو بۆ ئەورووپاو لە نەمسا گیرسایەوە. لە ساڵی ١٩٩٢دا گەڕایەوە بۆ کوردستانو وەك کادیرێکی بواری ڕێکخستن لە مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی کاری کرد.

لە ساڵی ١٩٩٧دا کرایە قایمقامی قەزای دوکان لە پارێزگای سلێمانیو لە ساڵی ١٩٩٩دا لێپرسراوەتیی قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانیی پێ سپێردرا. ساڵی دواتر بووە جێگری پارێزگاری سلێمانی.

بابەتی پەیوەندیدار:

* یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان.

## دلاوەر عەبدوڵڵا مەحمود



کادیرو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٥ی سلێمانی. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایيو ناوەندیو ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردوە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ لە بەشی روپێو لە پەیمانگای تەکنەلۆژیی بەغدا وەرگیراوەو هەر لەوێ وەك بەرپرسی شانەی سەرەکیی ڕێکخستنەکان ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕاندوە. ساڵی ١٩٨٦ خوێندنی لە پەیمانگا تەواو کردو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە




کرد. ماوەیەك لە بارەگای دەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵە لەگوندی چۆخماخ لە دۆڵی جافەتی کاری کردو پاشان گواسترایەوە بۆ بارەگای مەکتەبی عەسکەری لەگوندی هەڵەدن. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە یەکەم خولی تۆپخانەدا کرد کە خەلیل نیعمەت دۆسکی لە چیای هەلاج سەرپەرشتیی کردووە.

پاش تەواوکردنی خولەکە، تا ساڵی ١٩٨٨ لەو تیمەدا کاری کرد کە یونس ڕەحیم محەمەد سەرپەرشتیی دەکردو ئەرکەکەی کردنەوەی خول بوو بۆ هێزی پێشمەرگە بۆ فێربونی خوێندنەوەی نەخشەو بەکارهێنانی هاوەن و کاتیۆشا لە دۆڵی جافەتی. هەر بەهۆی ئەمەشەوە، لە ناو هێزی پێشمەرگەدا بە دلاوەری تۆپخانە ناوی دەرکرد. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت و بەربەرچدانەوەی یەکەم شالاوی ئەنفال بۆ سەر دۆڵی جافەتی.

ساڵی ١٩٨٨ وەك بەرپرسی ڕێکخستن گواسترایەوە بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لەگوندی بلەکێ لەسەر سنوری عیراق- ئێران. ساڵی ١٩٨٩ کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی تۆپخانە لە بەتالیۆنی

٧و بەشداریش بوو لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق بۆ سەر چیای چەکوچ‌و سادر. هەمان ساڵ وەك مامۆستا بەشدار بوو لە خولێکی تۆپخانە لە ناوزەنگ.

ساڵی ١٩٩٠ لە سەروبەندی خۆئامادەکردن بۆ دەستپێکردنی راپەڕین، هەندێ ئەرکی پێشمەرگانەی لە چەمی زاخی لە ناوچەی شاربـاژێـر پێ سپێردرا. لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنەکانی رزگارکردنی سلێمانی‌و کەرکوکدا کردو دواتریش لە فەرماندەیی سلێمانی کرا بە ڕابەری سیاسی. ساڵی ١٩٩٣ لە پێکهاتەی سوپای یەکگرتوی کوردستاندا بووە ئەفسەر لەلیوای ٢١ لەگوندی تەگەران لە ناوچەی شارباژێر. ساڵی ١٩٩٤ وەك کادیر گواسترایەوە بۆ دەزگای زانیاری.

لە بواری رۆشنبیریدا چەند کتێبێکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە «جەنگی چوارەمی جیهان» (٢٠٠٥)و «مێژوی شۆڕشی فەرەنسا» (٢٠٠٦).

## دڵپاك تاهیر



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی دڵپاك تاهیر دەروێش مەعروف. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە و دواتر لە بەشی کارەبای ئامادەیی پیشەسازیی کەرکوك وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٨٣ خوێندنی لەوێ تەواو کردووە.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، کاتێك لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە کۆمیتەی هێرشی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. هەر ئەو ساڵە، لە تەلەفزیۆنی کەرکوك کاری کرد و بەرنامەیەکی هونەریی بە ناوی «شەوچەرەی هونەری» پێشکەش کرد.

ساڵی ١٩٨٣ بە هۆی دروستبونی مەترسیی گرتن لەسەری، کەرکوکی بەجێ هێشت و لە هەولێر گیرسایەوە. ساڵی پاشتر، بە گرێبەست لە بەڕێوەبەرایەتیی شانۆ و هونەری هەولێر دامەزرا. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ کەریم عوسمان هاوسەرگیریی کرد.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا، خۆی و هاوسەرەکەی لە نەخۆشخانەی چوارباخی سلێمانی هاوکاریی تیمە پزیشکییەکانیان کرد بۆ فریاکەوتنی بریندارەکان. لە کوڕەودا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی، پەنایان بردە بەر ئێران و ماوەی ئاوارەییان لە نەغەدە، شنۆ و پاوە بەسەر برد. هەر ئەو ساڵە، پاش گەڕانەوە بۆ هەرێم، خۆی و کەریمی مێردی لە تەلەفزیۆنی هەولێری گەلی کوردستان کاریان کرد. ساڵی ١٩٩٤ دوا بە دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، لە هەولێر هەوڵی تیرۆرکردنیان درا و لەم هەوڵەدا هەردوکیان بە سەختی بریندار بوون.

ساڵی ١٩٩٦ دوای ئەوەی کە هێزەکانی گاردی کۆماری رژێمی عیراق و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان بەسەر هەولێردا گرت و هێزەکانی یەکێتییان لێ وەدەر نا، کەریمی هاوسەری دەستگیرکرا و تا ئێستا چارەنوسی نادیارە.

لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی تۆڵەدا، دوا بەدوای ئەوەی کە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستیان بەسەر زۆربەی زۆری ناوچەکاندا گرتەوە، لە سلێمانی گیرسایەوە و لە ساڵی ١٩٩٧ دا بەشدار بوو لە دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی ژنان لە سنوری

کەرکوك. هەر ئەو ساڵە، بە فەرمانی تاڵەبانی، کرایە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بەمەش بووە یەکەم ژن لەم مەکتەبە بەم پلە حزبییە بگات. دواتر، لە کەناڵی تەلەفزیۆنی خاك وەك پێشکەشکاری بەرنامەی ریپۆرتاژ دەستبەکار بوو.

ساڵی ١٩٩٨ بە هەمان پلەی خۆی، گواسترایەوە بۆ مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکان. ساڵی ١٩٩٩ گواسترایەوە بۆ کارکردن لە مەکتەبی رێکخستن. لەوێش، هەر یەکەم ژن بوو لەو مەکتەبە کە پلە حزبییەکەی ئەندامی مەکتەب بێت.

ساڵی ٢٠٠٢ خوێندنی زانکۆیی تەواو کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی وەدەستهێنا. هەر ئەو ساڵە لە رێی کۆمیسیۆنی باڵای کاروباری ئاوارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UNHCR)، لە ئوستralیا خۆی و هەردوو کچەکەی وەك پەنابەر وەرگیران و ماوەی شەش ساڵ لە شاری سیدنی ژیان.

ساڵی ٢٠٠٨ گەڕایەوە بۆ کوردستان و وەك ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەستی بە کار کردەوە. ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی ماستەری لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا. تێزەکەی تایبەت بوو بە «بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی لە کاتی سەرپێچیکردن لە نەریتە نێودەوڵەتییەکان». ساڵی ٢٠١٨ بە هەمان پلە حزبییەکەی خۆی، گواسترایەوە بۆ مەکتەبی راگەیاندن.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی کەرکوك، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە کۆتایی نیسانی ٢٠٢٠ دا بە لێپرسراوی کۆمیسیۆنی مەکتەبەکان هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری یاسای جینائیی نێودەوڵەتی بەدەست هێنا.

## دلێزار بەکر عەبدولکەریم حەویزی



پێشمەرگەو کادیری رێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گەڕەکی بەفری قەندیی شاری کۆیە. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە کۆیەو رانیەو هەولێر خوێندووەو ناوەندیی لە کەرکوکو دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٧٩دا لە زانکۆی سلێمانی خوێندنی لە کۆلیجی کارگێڕیو ئابوری تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧١ چۆتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە. ساڵی ١٩٧٩، لە کاتێکدا کە هێشتا خوێندکاری زانکۆ بووە لە سلێمانی، پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە. هەر ئەو ساڵە بۆتە پیشمەرگە لە دۆڵەڕەقە لە سنوری هەرێمی چواردە. دواتر بۆ ناوەندی سەرکردایەتیی بزوتنەوە، بۆ لای جەمال حەکیم ئاغا، گوێزراوەتەوە. ساڵی ١٩٨٠ بۆتە ئەندامی دەزگای دارایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٨٣دا لێپرسراوەتیی لە بواری عەسکەریدا وەرگرتووەو لەم روەوە بوەتە فەرماندەی کەرتی ٤ی پاراستنی بارەگای سکرتێری گشتی. هەر ئەو ساڵە وەك فەرماندەی کەرتی ٤ بۆ تیپی ٩٠ی باواجی گوێزرایەوە. لە٢٧ی نیساندا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی بەرەی جود لە نزیك گوندی مەلەکان لە ناوچەی خۆشناوەتی، هەردوو چاوی لەدەستداو دەستی چەپیشی بریندار بوو. بەهۆی برینەکانییەوە بۆ ماوەی شەش مانگ لە پێشمەرگایەتی دابڕا. پاش ساڕێژبونەوەی زامەکانی،

لە بارەگای مەڵبەندی چوار لە سماقوڵی کاری کرد. لە ساڵی ١٩٨٤دا بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا لەمێرگەپان.

سەرەڕای لەدەستدانی توانای بینین، هەر بەردەوام بوو لەسەر پێشمەرگایەتی. ساڵی ١٩٨٨ پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەقاسمە رەش گیرسایەوەو لە بارەگای مەکتەبی رێکخستن کاری کرد.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کرایە ئەندامی کۆمیتەی فەرمانبەران لە هەولێرو لە ساڵی ١٩٩٢ بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٩٣ لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێ سپێردرا. هەر لەو ماوەیەدا کوردستانی بەجێ هێشتو لە سوید گیرسایەوە. لەوێ لە ساڵی ١٩٩٦دا بۆتە ئەندامی کۆمیتەی رێکخستنی سویدو لە ساڵی ١٩٩٨دا بۆتە کارگێڕی کۆمیتەکەو بەرپرسی بەشی راگەیاندنو رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٠دا بووەتە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ١٤ی رێکخستنی کۆیە.

## دڵشاد باویانی



پێشمەرگەی دێرین و کادیری عەسکەری. ناوی تەواوی دڵشاد شەریف محەمەد مەحمود. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی گەڕەکی قۆریەی شاری کەرکوك. بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر گوندی باویان لە ناحیەی هەریری سەر بە پارێزگای هەولێرو لەخێڵی هەروتییە. باوکی، شەریف محەمەد مەحمود، کە لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەندامی رێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، دورخراوەی سیاسی بوو، بەماڵو منداڵەوە بۆ کەرکوك دور خرابۆوە. ئەزمونی دورخراوەیی‌و دواتریش ئەزمونی پێشمەرگایەتیی باوك، رەنگدانەوەی قوڵی لەسەر بیرکردنەوەو ژیانی کوڕەکەی هەبوو.

لە ساڵی ١٩٦١ دا لەگەڵ تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کوردو رژێمی جەنرال عەبدولکەریم قاسمدا، باوکی رێگای پێشمەرگایەتیی گرتە بەر. لەو سۆنگەیەشەوە کە بە درێژایی تەمەنی پێشمەرگایەتیی، ماڵو منداڵەکانی لەگەڵدا بوون، باویانی لە تافی منداڵییەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ هەلومەرجی دژواری خەباتدا پەیدا کرد.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، باویانی‌و هەموو خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بوون. پاش گەڕانەوەی خێزانەکە بۆ عیراق، بۆ شاری دیوانیەی باشوری عیراق دور خرایەوەو لە ساڵی ١٩٧٨دا رێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

ساڵی ١٩٨١ باویانی پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری هەرێمی ٧ی باڵەك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٨٣ کرایە جێگری فەرماندەی کەرت و دواتر بۆ تیپی تایبەتی مەڵبەندی سێ گوێزرایەوەو لەوێ پلەکەی بۆ فەرماندەی کەرت بەرز کرایەوە. ساڵی ١٩٨٥ لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی تیپی تایبەتی مەڵبەندەکەی پی سپێردرا. لەو ماوەیەدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە.

ساڵی ١٩٨٨، لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە

بۆ سەر سنور، لە پیرانشارو نەغەدە گیرسایەوەو لەو قۆناغەدا بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنەکانی مەشق‌و راهێنانی هێزی پێشمەرگەداو بەشداریشی لە خولێکی عەسکەریدا کرد کە لەگوندی بادیناوای نزیك شاری پیرانشار ساز کراو ماوەکەی چل رۆژ بوو.

لە ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی راپەڕیندا کردو لە ئۆپەراسیۆنەکانی رزگارکردنی هەریرو باسرمەو شەقڵاوەدا بەشداریی کرد.


دواتر بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی هەولێردا، لە ناو شار شەڕی کوڵان بە کوڵانی کردو بەشداریش بوو لە هێرش کردنە سەر بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێرو لەوێدا بریندار بوو. دواتر لە شەڕی رزگارکردنی پردێدا بەشداریی کردو پاشانیش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی کەرکوك و لەوێش بەسوکی بریندار بوو.

لە نیسانی ١٩٩١دا بەشداریی یەکێ لەگەورەترین شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەی کرد، ئەویش شەڕی کۆڕێیە کە تێیدا هێزی پێشمەرگە سنوری بۆ پێشڕەویی هێزەکانی عیراق لە پارێزگای هەولێر دانا.

پاش راپەڕین کرایە فەرماندەی هێزی ٢٢ی دەشتی هەریرو دواتر کرایە فەرماندەی فەوج لە سوپای یەکگرتوی کوردستان لەشەقڵاوە.

لە ساڵی ١٩٩٩ بەدواوە بەشداریی لە چەند خولێکی فەرماندەیی کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالاندا کردو پلەی مولازمی بەدەست هێنا. هەر ئەو ساڵە لەقەڵاچوالان بەشداریی لە خولێکی بەرزکردنەوەی پلەی سەربازیدا کرد و پلەی نەقیبی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

## دڵشاد تۆفیق بەنگینە*



پێشمەرگە و کادری رێکخستن. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی گەڕەکی سەرکارێز لە شاری سلێمانی. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە. سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٨، کاتێك خوێندکاری کۆلێجی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی بەغدا بوو، دەزگا ئەمنییەکانی بەغدا فشارێکی زۆریان خستە سەر رێکخستنەکانی کۆمەڵەو هەندێکیان ئاشکرا کرد. لەم سەروبەندەدا، بە پەلە گەڕایەوە بۆ سلێمانی و پاشان پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی شارباژێڕ بووە کادیر. لەو ماوەیەدا چالاکییەکی زۆری نواندو ژمارەیەکی زۆر کۆبوونەوەی بە دێهاتەکانی سنوری هەرێمی ٤ی جافەتی کرد بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسییان و بانگەشەکردن بۆ سیاسەتی یەکێتی.

ساڵی ١٩٧٩ بووە یاوەری رۆژنامەنووسی نەمسایی کابلان کە خۆی گەیاندبووە کوردستان و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو بە مەبەستی ئامادەکردنی ریپۆرتاژو نوسینی وتار لەسەر شۆڕشی کورد. شارەزابوونی بەنگینە لە زمانی ئینگلیزی، یارمەتیی ئەوەی دا کە هەموو راستییەکانی بە رێکوپێکی تێ بگەیەنێ. کابلان کە لەو ماوەیەی لە کوردستاندا بوو پێی دەوترا «باران»، بە یامەرتیی بەنگینە بەگوندە راگوێزراوو وێرانکراوەکاندا گەڕا شارەزایی تەواوی لەسەر

هەلومەرجی ژیانی کوردو سیاسەتی رژێمی بەعس پەیدا کردو چەند رۆژێکیش بە شێوەیەکی نهێنی لە ناو شاری سلێمانی مایەوەو پاشان لەگوندی کەڵەکنەوە برایەوە بۆ ناوچە رزگارکراوەکان. لەو ماوەیەدا کابلان بەکامێرای فۆتۆگراف وێنەی هەموو ئەو شوێنانەی گرت کە دیبوونی و دوای گەڕانەوەی بۆ نەمسا، ریپۆرتاژی سەرنجڕاکێشی لە رۆژنامەکانی ئەو وڵاتە دەربارەی شۆڕشی کورد بڵاو کردەوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، بەنگینە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری شەڕو نەبەردەکانی دۆڵی جافەتی و شارباژێڕو ناو شاری سلێمانی کردووە. لە ١٥ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨١ لەگوندی شارستێن لە ناوچەی مەرگە لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو.

## دڵشاد عەبدولڕەحمان محەمەد



کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی سلێمانی. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری کیمیای خاك و ئاو لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی دواتر بۆتە ئەندام لە کەرتی رێکخستنی شەهید شامیل. لەو ماوەیەدا خوێندنی ئەکادیمیی لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٨٣دا بووەتە موعید لە هەمان کۆلیج.

ساڵی ١٩٨٤ لە قۆناغی ئاگربڕو وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراقدا، بەشداریی لەکۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد کە لە مێرگەپان بەسترا. ساڵی دواتر خوێندنی ماجستێری دەست پێکردو ساڵی ١٩٨٧ بە مامۆستا لە کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر دامەزرا.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤدا کرد کە لە ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٩١دا کۆنگرەی دامەزراندنی لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر ساز کردو لەو کۆنگرەیە بە ئەندامی سکرتاریەتی رێکخراوەکە هەڵبژێردرا. ئەم هەڵسوڕانەی لە بواری مافی مرۆڤ پاشخانێکی باشی لەم بوارەدا بۆ دابین کردو بەهۆیەوە وانەی مافی مرۆڤی لە خولەکانی پەیمانگای کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو خولەکانی کۆلیجی پۆلیسو ئەفسەرانی ئاسایش وتەوە.

ساڵی ١٩٩٢ کرایە ئەندامی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان و هەر ئەو ساڵە بە هاوکاریی هەر یەك لە دکتۆر محەمەد عەلی عەبدوڵڵاو دکتۆر فازڵ قەفتان و عەبدولقادر فەرهادی، سەرپەرشتیی دەرکردنی یەکەم ژمارەی کۆپیی ئینگلیزیی رۆژنامەی کوردستانی نوێی کردو دواتریش هەر خۆی بووە سەرنوسەریو ناوەکەشی کرایە «کوردستان تایمز».

ساڵی ١٩٩٣ بە پلەی ئەندامی مەکتەب گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانیو نیشتمانییەکانو هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی کۆمیتەی باڵای رێکخستنی زانکۆی سەلاحەددینی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٥ لێپرسراوەتیی راگری پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانیی گرتە ئەستۆو لە ساڵی ١٩٩٧دا کرایە سەرۆکی دەستەی خوێندنی تەکنیکیی سلێمانی کەدواتر کرایە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٩ سەرەڕای کارەکانی، ئەرکی راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ کاروباری خوێندنی باڵا گرتە ئەستۆ.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥دا ئەندامی

ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراق بوو کە بە دەستەیەکی راوێژکاری باڵا دادەندرێت و لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٦دا بووە سەرۆکی دەزگای پڕۆژە تایبەتییەکانی نەوت.


لە ساڵی ٢٠٠٦دا کرایە وەزیری پەروەردە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانداو لەم ماوەیەدا بەرنامەیەکی تازەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان دانا. ساڵی ٢٠١١ وەك راوێژکاری مەکتەبی سیاسی کاری کردو لە هەمان کاتیشدا بووە ئەندامی مەکتەبی رێکخستن.

لە ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ دا نوسراوی دەست لەکارکێشانەوەی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشکەش بە جێگری سکرتێری گشتی کردو چووە ریزی رێکخراوی «هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری» کە دکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ بەشداری کردن لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق پێکی هێنا بوو. پاش هەڵبژاردن وازی لە رێکخراوەکە هێناو ماوەیەك بە بێلایەنی مایەوە. لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ دا گەڕایەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کرایە راوێژکاری مەکتەبی سیاسی.

## دڵشاد عەبدوڵڵا



شاعیرو رۆژنامەنوس. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی هەولێر. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووەو پاشان لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدا خوێندویەتی.




ساڵی ١٩٧٣ وێستگەیەکی گرنگی ژیانی پێکدێنێ چونکە لەو ساڵەدا یەکەم شیعری لەگۆڤاری «رۆشنبیری نوێ» بڵاو دەکرێتەوەو هەر لەو ساڵەشدا لە رێی ئەرسەلان بایزەوە پەیوەندی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەکا. بەڵام جیهانی ئایدیۆلۆژیاو رێکخستنە نهێنییەکانی زۆر بە دڵ نەبووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧دا وازی لە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان هێناوە. ساڵی ١٩٨٠ بە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە.

ساڵی ١٩٨١ بووە پێشمەرگەو لە گوندی توژەڵە وەك نوسەر لە بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کاری کرد کە لەو کاتەدا ئەرسەلان بایز لێپرسراوی بووە. ساڵی ١٩٨٢ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو گەڕایەوە سەر فەرمانبەرییەکەی لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەولێر.

ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستانەوە کردەوەو ساڵی دواتر لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری کرد. هەر لەو ساڵەدا یەکەم دیوانە شیعری بە ناونیشانی «جوانییەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنوس» دەرکردووە. ساڵی ١٩٩٦ لە کوردستانی نوێ بۆتە جێگری سەرنوسەرو تا حوزەیرانی ١٩٩٩ لەسەر ئەم کارە بەردەوام بووە.

ساڵی ١٩٩٧ لە ژمارە ٣ بەدواوە لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤاری «ئێستا»ی گرتە ئەستۆ کەگۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییەو مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە.

ساڵی ١٩٩٨ بەشدار بوو لە دامەزراندنی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم لە سلێمانیو هەر ئەو ساڵە بووە راوێژکاری رۆشنبیریی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٩٩دا دەرکردنی گۆڤاری «ئێستا» لە ژمارە ١٨ بەدواوە بەدەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سپێردرا، وازی لە سەرنوسەرییەکەی هێنا. بەڵام دوای گواستنەوەی راژەی بۆ دەزگاکە، لە ژمارە ٢١دا ئەرکی سەرنوسەریی گۆڤارەکەی گرتەوە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە دوای ئەوەی کە بڕیاری راگرتنی گۆڤاری «ئێستا» درا، کرایە سەرنوسەری گۆڤارێکی تازە بە ناوی «ئاینده» کە بە درێژەپێدانی گۆڤاری «ئێستا» دادەندرێ.


ساڵی ٢٠٠١ بە پلەی راوێژکار خانەنشین کرا. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣ گەڕایەوە سەر کاری فەرمانبەریو کرایە راوێژکاری رۆشنبیری لە پەرلەمانی کوردستان.

چەند دیوانە شیعرێکی هەیە لەوانە «شەوی دووەم» (٢٠٠٠)، «بەفرەلوك» (٢٠٠٦)و «شوێنێکی تری جەنگ» (٢٠١٥).

بابەتی پەیوەندیدار:

* ئێستا (گۆڤار).

## دڵشاد مەریوانی*



شاعیر و نوسەر. ناوی تەواوی دڵشاد محەمەد ئەمین فەتاح. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی سلێمانی. باوکی بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر گوندی کاڵێی ناوچەی مەریوان لە ئێران.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردوەو ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و وێژەی کوردیی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٩- ١٩٦٣ ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو. لە ئازاری ١٩٦٣وە هەڵسوڕانی سیاسیی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دەست پێکردو چەند جارێك تووشی گرتن و دەربەدەری بوو. ساڵی ١٩٦٢ رێکخراوێکی ئەدەبی و هونەریی بە ناوی کۆمەڵەی بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتیی کورد دامەزراند. لە ڕێی ئەم رێکخراوەوە هەوڵیدا رۆڵی دەستەبژێری رۆشنبیر لە هەڵسوڕانی سیاسیدا پەرە پێ بدا.

لە ماوەی خوێندنی لە بەغدا لە ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٢ تیپی هونەریی شاڵاوی لە کەرکوك دامەزراندو پاش تەواوکردنی خوێندنی لەزانکۆ، لەچەند فەرمانگەیەکی حکومی دامەزرا لەوانە وەك سەرپەرشتیاری زمانەوانی لە وەزارەتی راگەیاندن، مەشقیاری هونەری بە پلەی مامۆستا لە بەشی زمان و وێژەی کوردی لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی، مامۆستای میوان لە بەشی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی،




کارمەند لە کۆلێجی بەیتەرە لە ئەبوغرێب، ڕۆژنامەنووس لە وەزارەتی گواستنەوە.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا بوو بە پێشمەرگە، بەڵام ساڵی ١٩٨٥، پاش نزیکەی ساڵێك و ٤ مانگ، وازی لەپێشمەرگایەتی هێناو گەڕایەوە بۆ سلێمانی. لەوێ ماوەیەك دەستی بە کرێکاری کردو پاشان بوو بە مامۆستا لە ئامادەیی هەڵگورد، بەڵام ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی ئەوەی کە ئامادە نەبوو بچێتە ناو جەیشی شەعبی، لە مامۆستایی دەرکرا. ساڵی دواتر کرایەوە بە مامۆستا.

لە ١٢ی شوباتی ١٩٨٩دا دەزگای ئەمن دەستگیری کردو لە ٣١ی ئازاردا لە بینای ئەمنە سورەکە شەهید کرا. تەرمەکەی نەدرایەوە بەکەسوکاری و تا ئێستا شوێن بزرە.

زۆربەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەکانی ژین، هاوکاری، کاری میللی، بیری نوێ، دەنگوباس و لەگۆڤارەکانی بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، دەنگی کرێکارو تریفە بڵاو کراونەتەوە. وەك ئەندامێکی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانیش چەند بەرهەمێکی بە ناوی خوازراو لە بڵاوکراوەکانی شۆڕش، لەوانە «نوسەری کوردستان» و «گزنگ»، بڵاو کراوەتەوە. پتر لە ١٥ شانۆنامەی نوسیوە یان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی یان ئامادەی کردووە، لە دوو شانۆگەریشدا: لانەوازان ١٩٧٣ و پردی وڵات ١٩٧٤ وەك ئەکتەر بەشداریی کردووە.

شیعری بەرەنگاریی گەلێك شاعیری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە موزەفەر نەوواب، مەحمود دەروێش، سەمیح قاسم، پابلۆ نیرۆدا، پۆل ئیلوار، فابتزاروْف، مایکۆفسکی، یەسەنین، کاڤاڤی و هی تر.

دیوانە شیعرەکانی: فرمێسك و زەردەخەنە (١٩٦٨)، ببن بەتیشك (١٩٧٦)، سەمفۆنیای وەنەوشە (١٩٨٠). بەرهەمەکانی لە بواری چیرۆك و رەخنەدا: یەکەم هەنگاو (١٩٧٣)، دڵدارانی شۆڕش (١٩٧٣)، بە پەنجەکانم دەتبینم (١٩٧٧)، دێر یاسین (١٩٧٨).

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا چەند بەرنامەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبیی لە رادیۆی کوردیی بەغداو تەلەفزیۆنی کەرکوك پێشکەش کردووە.

رژێمی بەعس بەچاوی گومانەوە چاودێریی هەڵسوڕانی دەکرد. پاش راپەڕینی ١٩٩١ دەست بەسەر بەڵگەنامەکانی ئەمنە سورەکەدا گیرا. لەیەکێکیاندا هۆی گرتن و شەهیدکردنی ئاشکرا کراوەو تێیدا وتراوە «کەسێکی جوداخوازە، پیتی لاتینی فێری خوێندکارەکان دەکا، هەروەها ئەدیبێکی سەر بەیاخیبووەکانیشە». پاش راپەڕین دوو کتێبی چاپنەکراوی لە چوارچێوەی پرۆژەی پاراستنی دەستنوسەکان چاپ کران کە بریتین لە دیوانە شیعری «پەلکە زێڕینەش نامۆ مەکەن» و رۆمانی «یاداشتەکانی هاوڕێکەم». هەروەها لە هەولێر دەزگای ئاراس کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی چاپ کردۆتەوە.

# دلێر ئەحمەد شوکری



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆو ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. لە ڕێکخستنە نهێنییەکاندا بە سەلیم ناسراوە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی گەڕەکی سەرچیمەنی شاری سلێمانی. قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو دواتریش لەیەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆتە ئەندام. لە کاتی لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. لە ساڵی ١٩٧٢دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە بە پلەی یاریدەدەری تاقیگە لە پەیمانگای پزیشکیی نەخۆشییە ناوچەییەکان بە کارمەند دامەزرا.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بووە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش گەڕایەوە سەر پیشەکەی خۆیو لە هەمان کاتدا سەرقاڵی خوێندنی ئامادەیی بوو.

لەو ماوەیەدا تەونێکی ڕێکخراوەیی تۆکمەی بە ناوی کۆمیتەی ٦ی ڕێکخستن بەڕێوە بردووە کەزۆرتر دەڤەرەکانی دەوروبەری سلێمانیی گرتۆتەوە لەوانە هەڵەبجە، پێنجوێن، دەربەندیخانو سەید سادق.

دوای ئەوەی کە لە کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨ لەگوندی شێنێ بڕیار دراوە کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ پێك بهێنرێ، کراوەتە ئەندامی کۆمیتەکە. ئەم کۆمیتەیە ڕۆڵێکی بەرچاوی لەگەشەپێدانی ڕێکخستنەکاندا هەبووە بە ڕادەیەك کە لەسەر دەستی ئەندامانی کۆمیتەکە بەهێزترین ڕێکخستنی نهێنی لە کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە. ئەم قۆناغە لەبەر پەرە ئەستاندنی شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکان لە دژی سەرکردایەتیو کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٥و شەهیدبونی شاسوار جەلال و شکست هێنانی ئۆپەراسیۆنی هەکاری لە ساڵی ١٩٧٨، بە قۆناغێکی هەستیاری مێژوی کۆمەڵە دادەنرێ.

لەو قۆناغەدا دلێر ئەحمەد شوکری ڕۆڵێکی کارای لە ژیانی ڕێکخستنە نهێنییەکاندا گێڕاوە. لە ساڵی ١٩٧٩ جگە لەوەی کە سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی پارێزگای سلێمانیی کردووە، سەرپەرشتیی هێڵێکی پچڕاوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیشی کردووە کە بە ناوی لیژنەی ناوچەی غەفور ساڵح ژاژڵەییەوە کاری کردووەو بە یەکێ لە لیژنە هەر چالاكو هەڵسوڕاوەکان دادەندرا.

ساڵی ١٩٨٢ پاش کارکردن بە سیستەمی ڕێکخراوەکان لە ناو شارەکان، لێپرساوەتیی ڕێکخراوی سلێمانیی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٤ لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە کرایە بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵە لەگوندی سێروانی ناوچەی مەرگە. ساڵی ١٩٨٦ کرایە جێگری لێپرساوی دەزگای دارایی لە دۆڵە کۆگەو ساڵی ١٩٨٧ بووە ئەندامی مەڵبەندی دوو.

ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال

بۆ سەر دۆڵی جافایەتی، سەرپەرشتیی بەرەی کانی توی کرد لە مەرگە. پاش دەرکەوتنی نیشانەکانی ئەنجامی شەڕەکان، سەرپەرشتیی دابین کردنی هێڵی کشانەوەی هێزەکان کرد لەگەرگەر، گۆمەزەڵ، دۆڵی شێخ محەمەد، گۆجار، گردەڕەشو مەروێ. هەر لەو شەڕانەشدا لەگوندی شاناخسێ بەر چەکی کیمیایی کەوتو بە هۆی ئەمەوە ماوەیەك توانای بینینی لەدەستدا. لەوێوە بەبریندارى گوێزرایەوە بۆ شاری ئەسفەهان لە ئێران بۆ چارەسەر.

دوای ئەوەی کە قۆناغی چارەسەری تێپەڕاند، کەوتە سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەوەی هێزە کشاوەکان لەگوندی سورەدێ لەسەر سنوری عیراق-ئێران.

ساڵی ١٩٨٩ بە خێزانەوە لە ئێران گیرسایەوەو ساڵی دواتر روی کردە ئەمریکاو لە شاری دیترۆیت نیشتەجێ بوو و ساڵی ٢٠٠٧ گەڕایەوە بۆ کوردستان.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا کرایە جێگری مەکتەبی چاودێریو بەدواداچون و لە ساڵی ٢٠٠٩دا وەك ئەندامی لیژنەی باڵای ڕێکخستن لە مەکتەبی ڕێکخستن کاری کرد.

## دلێر ئیبراهیم محەمەد



هونەرمەندو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی گەڕەکی کانیسکانی شاری سلێمانی. دەرچووی ساڵی ١٩٧٠ی خانەی مامۆستایانی سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٣ بووەتە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی و هەر ئەو ساڵە لە مەرگە بە مامۆستا دامەزراوە و دواتر گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٤ پاش ئەوەی کە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد، بوو بەئەندام لە تیپی مۆسیقای شۆڕش. پاش هەرەسهێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە خوێندنگەی شێخ مەحمودو مەڵکەندی و دەباشان وانەی مۆسیقای وتەوە.

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ماوەی نێوان ١٩٧٥- ١٩٨٢ چەند کارێکی هونەریی ئەنجام دا لەوانە پێکهێنانی تیپی مۆسیقای منداڵان و تیپی میللیی منداڵان و بەشداری کردن لە میهرەجانەکانی چالاکیی خوێندنگەکان بە ئۆپەرێتی «ئاهەنگی شوان» کە لە سلێمانی پلەی دووەمی بەدەست هێناو دانانی مۆسیقای «بەیتی رێزانکێ» کە لە عیراق پلەی یەکەمی بەدەست هێناو کردنەوەی چەند خولێکی فێربوونی مۆسیقا بەخۆڕایی بە هاوکاریی عوسمان محەمەد ئەمین.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بە ئەندامی کەرت لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٨٣ بەشدار بوو لە دامەزراندنی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان و دوا بەدوای ئەمە رۆڵێکی کارای لە بەگەڕخستنەوەی تیپی مۆسیقای شەهید کارزاندا گێڕاو بووە بەرپرسی ئەم تیپە. هەروەها سەرپەرشتیی دەرکردنی دوو ژمارەی گۆڤاری «هۆرە»ی کرد کە گۆڤارێکی تایبەت بەمۆسیقا بوو.

ساڵی ١٩٩٠ بۆ ماوەیەك نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لە ورمێ و هەروەها لە ناو بەرەی کوردستانیدا.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، چوو بۆ سوید و تا ساڵی ٢٠٠١ لەوێ مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ کوردستان.


له بەرهەمە هونەرییەکاندا لەسەر چەند ئامێرێکی وەك کەمان و ڤیۆلاو بێزگیتار کاری کردووە. ئاوازی بۆ چەند گۆرانی و سرودێك داناوە کە چەند گۆرانیبێژێك وتوویانەتەوە لەوانە شوان کابان، ئازاد خانەقینی، عەتا حاجی عەلی، عەبدولقادر حەسەن و بەشێکی هۆنراوەکانی ئەو گۆرانی و سرودانە خۆی دایناون. لەو تیپانەی کاری تێدا کردوون جگە لە تیپی شەهید کارزان، تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی مۆسیقای پیرەمێرد.

بەرهەمە چاپکراوەکانی: «تیۆریی مۆسیقا» (٢٠٠٥).

بابەتی پەیوەندیدار:

* هۆرە (گۆڤار).
* تیپی مۆسیقای شەهید کارزان.

## دلێر جاف*



فەرماندە. ناوی تەواوی قادر حەمە ساڵح یارەویس. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی قەڵاتە بزانی گەرمیان. هەر لەو گوندە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. لەبەر نەبونی خوێندنگەی ناوەندی لە گوندەکەی، بۆی نەلواوە درێژە بەخوێندن بدا.

ساڵی ١٩٦٨ ژیانی پێشمەرگایەتیی هەڵبژاردو بە هۆی لێهاتووییەوە پلە پلە سەر کەوت، تا لە دواییدا گەیشتە پلەی سەرپەل. تا ساڵی ١٩٧٥ پێشمەرگە بوو. لەو ساڵەدا بە هۆی هەرەسهێنانی کتوپڕی شۆڕشەوە ئاوارەی ئێران بوو. لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٦دا، نزیکەی ٤ مانگ پاش جاڕدانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، گەڕایەوە بۆ کوردستانو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە سنوری هەورامانو شارەزور. ساڵی ١٩٧٩ کرایە فەرماندەی کەرت لە سنوری هەرێمی یەکی هەورامان. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە کردو پلەی کادیری پێشکەوتوی پێ درا. هەر ئەو ساڵە کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ١٥ی شارەزور. ساڵی دواتر بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا کرد لەگوندی خەتێ لە ناوچەی خۆشناوەتی. دواتر، بە پلەی جێگری فەرماندەی تیپ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٥٣ی شێروانە. لە ساڵی ١٩٨٤دا بەشدار بوو لەکۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە لە مێرگەپان لە بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی تیپی ١٥ی هەورامانو ساڵی ١٩٨٧ لێپرسراوەتیی تیپی مەڵبەندی یەکی پێ سپێردرا.

لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا کە١١ ساڵی خایاندووە ٩ جار بریندار بووەو بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا لە ناوچەکانی گەرمیان، شارەزور، هەورامان، دەشتی هەولێر، قەرەداغ، دۆڵی جافەتیو خۆشناوەتی کردووە.

لە٢٧ی ئایاری ١٩٨٧دا لە کاتی بەڕێوەچونی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی گڵەزەردە کە یەکێکە لەچالاکییە گەورەکانی هێزی پێشمەرگە لەو ساڵەدا، لە شەڕێکی سەختدا لە کاتی هێرش کردنە سەر بارەگای فەوجی سوکی ٩٠ شەهید کرا.

## دلێر حەمەد كەریم

پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. ناسراو بە دلێر تەقتەقی. لەدایكبوی ساڵی ١٩٦٧ی گوندی كانی رەشی ناحیەی تەقتەق.



ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگە لە دەستەی عەلی حەویز، ئەندامی سەركردایەتیی یەكێتیی شۆڕشگێڕانی كوردستانو لێپرسراوی كاروباری كۆمەڵایەتیی مەڵبەندی سێ. لە ساڵی ١٩٨٦دا دەستی بە كاركردن كرد لە كاروباری رێكخستندا، لە سەرەتادا لێپرسراوەتیی رێكخستنی تیپی ٩٣ی كۆیەی گرتە ئەستۆو لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ هەمان كاری لە تیپی مەڵبەندی سێو لە ساڵانی ١٩٨٨-١٩٨٩ لە تیپی ٨٣ی هەورێ گرتە ئەستۆ.

لە ساڵی ١٩٨٩ دا لێپرسراوەتیی عەسكەریی وەرگرتو لەم سەروبەندەدا كراوەتە جێگری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو دواتریش بۆتە فەرماندەی تیپی ١٩ی كۆڕەك. لە ساڵی ١٩٩٠دا بەشدارییەكی كارای لە شەڕی سادر- چەكوچدا كردووە. لەڕاپەینی ساڵی ١٩٩١دا رۆڵێكی دیاری لە ئۆپەراسیۆنی رزگاركردنی شارۆچكەی تەقتەقدا هەبوو.

پاش راپەڕین كراوەتە جێگری فەرماندەی هێزی ٧ی كۆیەو دواتر فەرماندەی ١٢ی تەقتەق. لە ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٦دا فەرماندەی فەوج بوو لە سوپای یەكگرتوی كوردستانو لیوای ٢ی تایبەتو فەوجی پاراستنی بارەگای مەكتەبی سیاسیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە، جاری یەكەم لە كاتی بەڕێوەچونی شەڕەكانی قەیوان- ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦، جاری دووەم لە شەڕێكدا لە چیای كۆڕەك لە ساڵی ١٩٨٧و جاری سێیەم لە كاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی «داستانی رزگاری» لە نێوان هەردوو گوندی باڵخو گاپیلۆن لە ساڵی ١٩٨٧.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٧- ٢٠١٠دا چەند لێپرسراوەتییەكی لە بواری رێكخستندا گرتۆتە ئەستۆ لەوانە لێپرسراوەتیی كۆمیتەكانی تەقتەق و كۆیە. پاش پێكهێنانی مەڵبەندی رێكخستنی ١٤ی كۆیە، بۆتە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندو لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە هەڵبژاردنی مەڵبەندەكاندا بۆتە كارگێڕی مەڵبەند.

لە كۆنگرەی سێیەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٠دا بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردراوە.

## دوكانی خواروو (شەڕ)

شەڕێكە لە نێوان دەستەیەك لە هێزی پێشمەرگەو هێزێكی سوپای عیراق لە دوكانی خواروو لە ٢٨ی تەموزی ١٩٧٨. كۆمەڵێك لە كاربەدەستانی عیراق میوان بوون لە ماڵی كوێخا سمایلی تەلان. هێزی پێشمەرگە هێرشی كردە سەریان و نۆ كەسی لێ كوشتن: قایمقام، بەڕێوەبەری ئاسایش، بەڕێوەبەری پۆلیس، لێپرسراوی رێكخراوی حزبی بەعس لە دوكان، یەك ئەفسەری گەورەی هەواڵگریی سوپا، یەك ئەفسەر بە پلەی نەقیب، یەك كارمەندی ئاسایش. لەو شەڕەدا كوێخا سمایل خۆی و ژمارەیەك لە میوانەكانی بریندار بوون.

# دۆڵبێشک (شەڕ)

شەڕێکی لاوەکییە، لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قەیوان- ماوەتدا، لە ئەیلولی ١٩٨٦ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە گوندی دۆڵبێشك لە ناوچەی شارباژێر بەڕێوە چووە.

ئۆپەراسیۆنی قەیوان- ماوەت تازە دەستی پێ کردبوو. فەرماندەیی سوپای عیراق پلانی ئۆپەراسیۆنێکی بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەڤەرێکی بەربلاو کە لە گوندی قەیوانی نزیك دۆڵەڕوتەوە دەستی پێ دەکرد تا دەگەیشتە سەر سنوری عیراق- ئێران دانا بوو. لەم سۆنگەیەوە دەزگای پێشمەرگایەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر ئۆپەراسیۆنێکی سوپایی، هێزێکی گەورەی لە هەموو تیپەکان لە دۆڵی جافەتی کۆکردەوەو لەو ماوەیەدا شەڕی سەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراقدا رویدا.

لە ٦ی ئەیلولدا جەمال بەهادین محێدین جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان لە بەرەی دۆڵبێشك بە گوللەی قەناس شەهید بوو. ئەم رووداوە هاندەر بوو بۆ دانانی پلانێکی تۆکمە بۆ گرتنی ڕەبیەکانی پشت گوندی دۆڵبێشك کە لەوێوە تەقە لە جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان کرا بوو و شەهید کرابوو. لەم سەروبەندەدا سامان گەرمیانی لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی یەك و فەرماندەی بەرەی دۆڵبێشك کۆبونەوەی بە فەرماندەی تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس و ٦٣ی جوتیاران و ٦٥ی بلفەت کرد. لەو کۆبونەوەیەدا پلانی گرتنی ڕەبیەکانی پشت گوندی دۆڵبیشك دانراو هێزێك لە هەر سێ تیپ بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکە پێك هێنرا.

شەوی جێبەجێ کردنی پلانەکە شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو. پلانەکە وا دانرا بوو کە هێزە پەلاماردەرەکە بە شێنەیی لە یەکەم ڕەبیە نزیك ببێتەوەو سەرەتا بە ئار پی جی لێی بدا، پاشان پێشمەرگە دەست بە هێرش بکات و بیگرێ. لە پلانەکەدا بەکارهێنانی ئار پی جی رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو، بۆیە هەر زوو دەستەیەك لە چوار پێشمەرگە بۆ هێرش کردن بە ئار پی جی دیاری کران. لەگەڵ لێدانی ڕەبیەکە بە چوار گوللەی یەك لە دوای یەکی ئار پی جی، ڕەبیەکە هەڵتەکێنراو بەشێکی گڕی گرت. دەستەی هێرشبەریش بە کلاشنکۆف تەقەی لە ڕەبیەکە کرد. لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر ڕەبیەکەدا گیرا.


لەگەڵ گرتنی ڕەبیەکەدا، ڕەبیەکانی تر یەك لە دوای یەك زۆر بە ئاسانی گیران و جاشەکان رایانکرد. پاش پاککردنەوەی سەر چیا لە ڕەبیەکانی دوژمن، هێزەکانی عیراق بە تۆپ و کاتیۆشا تەواوی چیاکەیان تۆپباران کرد.

شەڕەکە بە فەرماندەیی عەبدوڵلا وسو بەڕێوە چوو. هێزەکە پێشمەرگەیەکی بە ناوی سابیر مەزلومی لێ بریندار بوو کە کوردی ئێران بوو، هەروەها پێشمەرگەیەکیشی بە ناوی محەمەد عەزیز لێ شەهید بوو کە یەکێك بوو لەو چوار پێشمەرگەیەی کە بە ئار پی جی هێرشیان کردە سەر ڕەبیەی یەکەم. دوای شەڕەکە، هێزەکە لەبەر تۆپبارانی بەردەوام، شوێنەکەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ بنکەکانی خۆی.

ناوی ژمارەیەك لە پێشمەرگە بەشداربووەکان: ڕەحمان ئیسماعیل، هیوا ئەحمەد مستەفا، محەمەد عەزیز، ناسر برایم، محەمەد سلێمانی باوزێ، هەمزە شێنەیی.

بابەتی پەیوەندیدار:

*قەیوان- ماوەت (ئۆپەراسیۆن).



## دۆڵی جافەتی (شەڕ)

زنجیرە شەڕێکە لە ماوەی نێوان ٢٠ی شوباتی ١٩٨٨و ١٨ی ئازاری ١٩٨٨دا ناوچەی دۆڵی جافەتیی گرتۆتەوە کە تێیدا لەشکری یەکو لەشکری پێنجی سوپای عیراق بە پاڵپشتی هێزێکی بەربڵاوی لەشکرەکانی تر هێرشی بەربڵاویان کردۆتە سەر دۆڵی جافەتی.

لەو ماوەیەدا تەواوی هێزەکانی لەشکری یەکو لەشکری پێنجی سوپای عیراق، بە پاڵپشتی زێدەتر لە ٢٠ لیوای سەر بەلەشکرەکانی ٢و ٣و ٤و ٥و ٦و ٧ی سوپای عیراق، بە پاڵپشتی سەدان تانك و زرێپۆشو تۆپخانەی قورسی جۆری ١٣٠ملم و ١٥٢ملمو دەیان راجیمەی کاتیۆشای ١٢٢ملم و فڕۆکە جەنگییەکان، هێرشی بەربڵاویان کردە سەر دۆڵی جافەتی کە بارەگای سەرکردایەتی و مەڵبەندی ٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و چاپخانەی برایم عەزۆو چەندین بارەگای تری لێ بوو.

لە بەرەیەکی پانوپۆڕدا کە درێژییەکەی گەیشتۆتە نزیکەی حەفتا کیلۆمەتر، شەڕی بەرەیی سەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراقدا رویدا. هێرشەکانی سوپای عیراق راستەوخۆ لە لایەن وەزیری بەرگری عەدنان خەیروڵڵاوە بەڕێوە دەبران. سەرکردایەتیی یەکێتی هەموو پێداویستییەکانی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقی فەراهەم کردبوو، بۆیە پێش هێرشەکان، زیاتر لەنیوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەدۆڵی جافەتیو بەری مەرگەو شارباژێڕو دۆڵی مێرگەپان و دۆڵەڕوت کۆکردبۆوە. بارودۆخی شەڕەکە پەیوەندیی بەقۆناغی دوایینی جەنگی عیراق ـ ئێرانەوە هەبوو کە عیراق دەیویست هاوکات لەگەڵ پاڵپێوەنانی ئێران بەرەو

کۆتایی هێنان بە جەنگ، هێزی پێشمەرگە تەفروتونا بکاو بەیەکجارەکی کۆتایی بە مەسەلەی کورد بێنێ.

لە ٢٠ی شوباتدا پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان لەسەر رێگای سلێمانی ـ دوکان بۆسەیان بۆ ئەو هێزە دانا کەخۆی بۆ هێرش کردنە سەر دۆڵی جافەتی ئامادە کردبوو. لەبۆسەکەدا زیاتر لە ٥٠ سەربازو کۆماندۆ کوژرانو سێ سەرباز بە دیل گیران. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١١ پارچە چەك و یەك ئوتومبیلدا گرت، یەك تانك و چەند ئوتومبیلێکیش تێك شکێنران.

لە ٢١ی شوباتدا هێزێکی سوپای عیراق بە پاڵپشتی جاشو ٩ تانكو ٦ هەلیکۆپتەر هێرشی کردە سەر گوندی قەمچوغە لەسەر رێگای نێوان سلێمانی ـ دوکان. کەرتی ٦و مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ی تیپی مەڵبەندی ٢و هێزی پشتگیری بەرپەرچی هێزەکەیان دایەوەو سێ هێرشی یەك لەدوای یەکیان تێك شکاند. لەم شەڕەدا دوژمن زیاتر لە ٣٠ سەربازو جاشی لێ کوژرا. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوو.

لە ٢٢ی شوباتدا تۆپخانەی مەڵبەندی دوو شوێنی گردبونەوەی هێزەکانی عیراقی لەگوندی بانوکا و دەوروبەری دوکان بۆردومان کرد.

لە ٢٤ی شوباتدا هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر چیای پیرکە. تیپی ٥٣ی شێروانە بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوەو شەڕ بۆ ماوەی حەوت سەعات درێژەی کێشا. هێزە پەلاماردەرەکە زیاد لە ٣٥ لاشەی لەمەیدانی شەڕ بەجێ هێشت.

هەمان رۆژ هێزێکی هاوبەشی تیپی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسیو تیپی ٣١ی سلێمانیو مەفرەزەیەکی تیپی ٥٥ی قەرەداغ هێرشیان کردە سەر دوو رەبیەی گردی گردباران و دەستیان بەسەردا گرت. لەم چالاکییەدا ٢٠ سەرباز کوژران و هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١١ پارچە چەکدا گرت.

لە ٢٥ی شوباتدا کەرتی ٣ی تیپی مەڵبەندی دوو سەربازگەی دوکان و شوێنەکانی گردبونەوەی هێزەکانی عیراقی لە قەمچوغەو قوڵەسەوز و هۆمەر قەوم و قەڵەم پاشا و جوبڵاخ تۆپباران کرد.

هەر ئەو شەوە مەفرەزەیەکی هاوبەشی تیپی ٥١ی گەرمیان و تیپی ٥٥ی قەرەداغ لەسەر رێی سلێمانی ـ دوکان کەوتنە بۆسەیەکی هێزەکانی عیراق و پێکدادان رویدا، لە ئاکامدا لە هێزەکەی عیراق چەند سەربازێك کوژرانو لە هێزی پێشمەرگە یەك پێشمەرگە شەهید بوو.

لە ٢٦ی شوباتدا هێزەکانی عیراق لە ١٢ قۆڵەوە هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر دۆڵی جافەتی، ئەویش بەم شێوەیە:

- سەعات ٧ لەقۆڵی هەنجیرەو قەرەسردەوە، هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆشو تۆپخانە هێرشیان کردە سەر گوندەکانی سێدەر و شارستێن. تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس و ٧٨ی کارۆخ و ٢١ی کەرکوك و هێزی پشتگیری بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو هەموویان تێك شکاند.

- سەعات ٩,٣٠ هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر گوندەکانی گەورە قەڵاو کۆچەروتان و بێدەلان. تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆسو ٦٣ی جوتیارانو ١٢ی سۆران و کەرتێکی تیپی مەڵبەندی ٢و مەفرەزەیەکی مەکتەبی عەسکەریو تیپی ٦ی حزبی سۆسیالیستی کوردستانو مەفرەزەیەکی لیژنەی ناوچەی دوکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو لەهەردوو گوندی کۆچەروتانو بێدەلان تێکیان شکاند. هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەر گوندی گەورە قەڵادا گرت بەڵام دواتر تیپەکانی ٣١ی سلێمانیو ٣٣ی سورێن و مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان بەسەر گوندەکەدا گرتەوە.

- سەعات ٨ هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر

گوندی هەنارانی سەروو لە ناوچەی دۆڵەڕوت. تیپەکانی ٧٨ی کاروخ و ٥١ی گەرمیان بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو تێکیان شکاند.

. هێزەکانی عیراق چەند هێرشێکی یەك لە دوای یەکیان کردە سەر چیای پیرکەو لەهەموو هێرشەکاندا تێك شکانو ژمارەیەکی زۆر کوژراویان لێ کەوت. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١٣ پارچە چەکو هەندێ تەقەمەنیو دوو ئوتومبیلدا گرت.

- سەعات ١٨ هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر گوندی هۆمەر قەوم. کەرتی ١و٢ی تیپی مەڵبەندی دوو بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو تێکیان شکاند. دوژمن ژمارەیەکی زۆر کوژراوی لێ کەوت و ٣ سەربازیشی لێ بەدیل گیرا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٤ پارچە چەکدا گرت.

- هێزەکانی عیراق چەند هێرشێکیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەگوندی قوڵەشینو لە هەر هەمویدا شکانو زیانێکی زۆریان لێ کەوت. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوو.

- هێزەکانی عیراق لەسێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر گوندەکانی جاسەنەو بناری شاخ. کەرتی ٥ی تیپی مەڵبەندی ٢و هێزی پشتگیری لە سێکانیان بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو تێکیان شکاند.

- هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر پیر بایز و ئاڵابەر و شاخەڕەش بەڵام نەیانتوانی ئامانجەکانیان بەدی بێنن.

- هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر گوندی قەڵەم پاشا. تیپەکانی ٤٩ی سارا و ٥٧ی سەگرمە بەرپەرچیان دانەوەو تێکیان شکاندن.

- هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر دۆڵ مازەڵە. تیپەکانی ٤٩ی سارا و ١٧ی زمناکۆو هێزی پشتگیری بەرپەرچیان دانەوەو تێکیان شکاندن.

- هێزەکانی عیراق لە چەند لایەکەوە هێرشیان کردە سەر چیای پیرکەو چیای کونەکۆتر. تیپەکانی ٥٣ی شێروانە بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو زیانی زیاتر لە ٤٠ سەربازو جاشیان لێ خست. لە هەمان کاتدا تیپی مەڵبەندی یەکو تیپی ٣١ی سلێمانی بەرپەرچی ئەو هێرشەیان دایەوە کە هێزەکانی عیراق کردبویانە سەر چیای کونە کۆتر بەڵام لە دواییدا هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەردا گرت. دواتر، تیپی مەڵبەندی یەکو تیپی ٥٣ی شێروانە هێرشێکی چەواشەیان کردە سەر هێزەکانی عیراقو هەموو شوێنە لەدەستدراوەکانیان لێ سەندنەوە. لەم قۆڵەدا هێزەکانی عیراق ٢٠ کۆماندۆیان لێ کوژرا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٧ پارچە چەکدا گرت. بەڵام هێزی پێشمەرگە بەهۆی بەفربارینەوە، شوێنەکانی چۆڵ کرد.

هەر ئەو رۆژە، لەسەعات ١٦,١٥دا پۆلێك فڕۆکەی جەنگیی جۆری سیخۆ گوندەکانی مەرگە، هەڵۆنە، نۆڵچکە، کانی شینکە، ئاوەژێ، چنارنە، خورخورە، یاخیان، کانی توو، دۆڵەبی، یاخسەمەر، چاڵاواو هەڵەدنیان بۆردومان کرد. لە ئاکامدا ٣ پێشمەرگەو ٩ هاووڵاتی شەهید بوون.

لە ٢٧ی شوباتدا هێزەکانی عیراق لە نیوەشەودا چونە سەر چیای کونەکۆتر. سەعات ٣ تیپی مەڵبەندی یەك و کەرتی ١و ٤ی تیپی ٥٣ی شێروانە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی عیراق لە چیای کونەکۆترو پاش کوشتنی زیاتر لە ٣٠ سەرباز دەستیان بەسەر چیاکەو ١١ پارچە چەکدا گرت. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوو.

هەر ئەو رۆژە هێزەکانی عیراق هێرشێکی تریان کردەوە سەر چیای کونەکۆترو هەندێ شوێنیان لێ گرت. تیپەکانی ٩٣ی کۆیەو ٥٣ی شێروانە لە هێرشێکی چەواشەدا هێزەکانی عیراقیان دەرپەڕاندو شوێنە لەدەستدراوەکانیان لێ سەندەوە. لەم ئۆپەراسیۆنەدا هێزەکانی عیراق ٨ سەربازیان لێ

کوژرا. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوو. بەڵام هێزەکانی عیراق لەهێرشەکانی دواتردا توانییان دەست بەسەر لوتکەی قۆری چای‌و چیای کونەکۆتردا بگرن.

لە بەرەی دۆڵ مازەڵەو قەڵەم پاشادا هێزەکانی عیراق لە سەعات ٦دا هێرشیان کرد. تیپەکانی ١٧ی زمناکۆو ٥٥ی قەرەداغ بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو تێکیان شکاند. لە سەعات ٩دا هێزەکانی عیراق هێرشێکی تریان کردەوە، بەڵام ئەمجارەش تێك شکان‌و ٦٠ سەربازیان لێ کوژرا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٥ پارچە چەکدا گرت. لەم بەرەیە هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوو.

سەعات ١١,٥٠ هەشت فڕۆکەی سیخۆی ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و سورداش و مەرگەیان بۆردومان کرد. چەکی دژە ئاسمانیی هێزی پێشمەرگە بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوەو بەموشەکی سام فڕۆکەیەکی پێکا.

هەمان رۆژ هێزەکانی عیراق لەسەعات ١٧,٣٠دا لەزنجیرە چیاکانی ئاسۆسەوە هێرشیان کردە سەر سەر چیا. تیپەکانی ٦٣ی جوتیاران و ٢١ی کەرکوك هێرشەکەیان تێك شکاند. لەم هێرشەدا هێزەکانی عیراق چەکی کیمیاییان بەکار هێنا.

لەم سەروبەندەدا هێزی پێشمەرگە کەوتە بەکارهێنانی تۆپخانەو دەستی بەهێرشی چەواشە کرد. هێزەکانی عیراق لەگوندی قەمچوغە و سەر رێگای سلێمانی ـ دوکان بۆردومان کران‌و لە هەمان کاتدا هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٢١ی کەرکوك‌و ٢٥ی خاڵخالان و ٤٣ی ئاسۆس و ٧٨ی کاروخ و مەفرەزەیەکی تیپی ١٢ی سۆران و مەفرەزەیەکی تیپی ٩٩ی بیتوێن هێرشی کردە سەر هێزەکانی عیراق لە دەوروبەری گوندی شارستێن و ٦٠ سەربازی لێ کوشتن و ناوچەکەی لێ پاك کردنەوە. لەم بەرەیەدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٥ پارچە چەکدا گرت‌و ٤ سەربازی بە دیل گرت، ٣ پێشمەرگەی لێ شەهید بوو.

هەر ئەو شەوە تۆپخانەی تیپی مەڵبەندی دوو شوێنی تانکەکانی سوپای عیراقی لەگوندی هۆمەر قەوم‌و گردبونەوەی هێزەکانی لەگوندی کۆتەڵ تۆپباران کرد. هەمان شەو لەقۆڵێکی دیکەدا، هێزێکی تیپی ٥٩ی حەمرین هێرشی کردە سەر لوتکەی قۆری چای‌و چیای کونەکۆترو دەستی بەسەردا گرت. هێزەکانی عیراق زیاتر لە ٣٠ سەربازیان لەدەستدا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٧ پارچە چەکدا گرت.

لە ٢٨ی شوباتدا هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر هەردوو چیای پیرکەو کونەکۆتر. تیپی مەڵبەندی یەك‌و تیپی ٣١ی سلێمانی‌و تیپی ٥٣ی شێروانە بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو تێکیان شکاند. هێزەکانی عیراق زیانی کوژرانی زیاتر لە ٨٠ سەربازیان لێ کەوت. لەهێرشەکانی دواتردا هێزەکانی عیراق چەکی کیمیاییان بەکار هێناو دەستیان بەسەر چیای پیرکەدا گرت. هێزی پێشمەرگە سێ شەهیدی هەبوو.

لە بەرەی گەورە قەڵادا هێزەکانی عیراق لەسەعات ١٠وە تا سەعات ١٩ چەند هێرشێکی ناکامیان کردە سەر سەنگەرەکانی تیپی مەڵبەندی ٣و ژمارەیەکی زۆر کوژراویان لێ کەوت. لە بەرەی بەردەقڵیش و دەوڵەتیاریش هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی تیپی ١٢ی سۆران‌و مەفرەزەیەکی لیژنەی ناوچەی دوکانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و هیچ ئامانجێکیان بەدەست نەهێنا.

لە بەرەی گوندەکانی مەلاسەفی‌و پاشکێش، هێزەکانی عیراق هێرشیان کرد. تیپەکانی ١٢ی سۆران‌و ٦٨ی مامەندەو ٩٩ی بیتوێن بەرپەرچی

هێرشەکەیان دایەوەو شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا بەبێ ئەوەی هێزەکانی عیراق هیچ سەرکەوتنێك وەدەست بێنن. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوو.

لە بەرەی دۆڵ مازەڵە لەسەعات ٦,٣٠دا هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆو ٥٥ی قەرەداغ و هیچ ئامانجێکیان بەدەست نەهێنا.

لە بەرەی چیای ئاسۆس، جاشەکان هێرشیان کردە سەر لوتکەی خێران. تیپەکانی ٦٣ی جوتیاران و ١٢ی سۆران و ٤٤ی چەکوچ بەرپەرچیان دانەوەو تێکیان شکاندن.

لە بەرەی تەوەکەل هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی هەردوو تیپی ٢١ی کەرکوكو ٢٥ی خاڵخالان. پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کوژراویان لێ کەوت، کشانەوە دواوە. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٧ پارچە چەکدا گرت.

لە بەرەی پیرەمەگرون هێزەکانی عیراق هێرشێکی بەربلاویان کردە سەر رەشکی قەرەچەتانو زێوێو یالانقۆزو بناری پیرەمەگرون. تیپەکانی ٢٣ی سورداشو ٢٧ی کەڵکە سماق و هێزی پشتگیری هێرشەکەیان تێك شکاند.

لە بەرەی کونەکۆتر لە ماوەی ١١ سەعاتدا هێزەکانی عیراق چەند هێرشێکی یەك لەدوای یەکیان کردە سەر چیاکەو نزیکەی سەد سەربازیان لەدەستداو توانییان شوێنی رەبیەیەکی کۆن بگرن. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١٦ پارچە چەك و هەندێ کەلوپەل و تەقەمەنیدا گرت. لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە ٣ شەهیدی هەبوو.

لە بەرەی گەڕەدێ، هێزەکانی عیراق ٩ هێرشی یەك لەدوای یەکیان کردە سەر گوندەکە. تیپەکانی ٩٣ی کۆیە و ٩٠ی باواجی و ٥١ی گەرمیان و ٥٥ی قەرەداغ هەموو هێرشەکانیان شکاندو زیانێکی زۆریان بەپەلاماردەرەکان گەیاند. هێزی پێشمەرگە یەك شەهیدی هەبوو.

لە بەرەی دابان، هێزەکانی عیراق چەند هێرشێکیان کردە سەر چیاکە بەبێ ئەوەی بتوانن دەستی بەسەردا بگرن. تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ هەموو هێرشەکانیان تێك شکاند. هەمان شەو تیپەکانی ٣١ی سلێمانیو ٤٧ی پیرەمەگرون لەچەند قۆڵێکەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی عیراق لە چیای پیرکەو زیاد لەسەد سەربازیان کوشت. هێزی پێشمەرگە دوو پێشمەرگەی لەدەستدا.

لە هەمان کاتدا هێزەکانی عیراق لەشەودا لەسێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر بەرەی قەمچوغە بەڵام لەهەر سێ قۆڵ تێك شکان.

لە ٢٩ی شوباتدا هێزەکانی عیراق لە سەعات ١٢دا هێرشێکی دیکەیان کردە سەر بەرەی قەمچوغە. کەرتی ٦ی تیپی مەڵبەندی ٢و مەفرەزەیەکی تیپی ٢٥ی خاڵخالان و هێزی پشتگیری هێرشەکەیان پوچەڵ کردەوە.

لە بەرەی تەوەکەل هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر گوندی تەوەکەلی بچوك. تیپی ٢٥ی خاڵخالان بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوەو تێکی شکاند. پاش شکانی هێرشەکە، تۆپخانەی دوژمن کەوتە تۆپباران کردنی ناوچەکەو لەئەنجامدا دوو پێشمەرگە شەهید بون. شەو هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٦٣ی جوتیاران و ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ و تیپی مەڵبەندی دوو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی عیراق لەگوندی شەدەڵە لە ناوچەی سورداش.

لە یەکی ئازاردا لەسەعات ٦,٣٠دا هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر گوندەکانی گەورە قەلاو بێدەلان و کۆزەڕوتانو دارەبەنان لە دۆڵی مەرگە. تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس و ١٢ی سۆران و ٩٩ی بیتوێن و

تیپی مەڵبەندی ٣و مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانو تیپی ٦ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و هێزی پشتگیری بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو تێکیان شکاند. سەعات ٤,٣٠ هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی تانك و تۆپخانە و فڕۆکەی جەنگی هێرشی دووەمیان دەست پێکردو دەستیان بەسەر گوندی گەورە قەڵادا گرت.

لە بەرەی تەوەکەل هێزەکانی عیراق گوندەکانی تەوەکەلی بچوكو شارستێنیان تۆپباران کرد، لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەك شەهید بوو.

لە بەرەی قەمچوغە هێزەکانی عێراق لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر قەمچوغە، بەڵام هیچ ئامانجێکیان بەدەست نەهێناو ٨ سەربازیشیان لێ کوژرا. لە هەمان کاتدا هێزی پێشمەرگە گردبونەوەکانی سوپای عیراقی لە دوکانو سورداشو هۆمەر قەوم تۆپباران کرد.

لە ٢ی ئازاردا هێزەکانی عیراق زۆر بەچڕی کەوتنە تۆپباران کردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەبەرەی تەوەکەلو پاشان هێرشێکی گەورەیان کردە سەر گوندی تەوەکەلی گەورە. تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان هێرشەکەی تێك شکاند. هێزی پێشمەرگە یەك شەهیدی هەبوو.

لە بەرەی ورچەچ، تیپی ٤٩ی سارا هێرشی سێقۆڵیی هێزەکانی عیراقی بۆ سەر ورچەچ تێك شکاند. هەروەها لەلوتکەی میرزا بەگ، تیپی ٥٧ی سەگرمە هێرشێکی هێزەکانی عیراقی تێك شکاندو دەستی بەسەر ٢ پارچە چەكو دەزگایەکی بێسیمدا گرت.

لە بەرەی قەمچوغە لەسەعات ١١دا هێزەکانی عیراق هێرشێکی بەربڵاویان دەست پێکرد بەڵام هیچ ئامانجێکیان بەدەست نەهێنا. هەروەها لە سەعات ١٦دا هێزی پێشمەرگە هێرشێکی هێزەکانی عیراقی بۆ سەر چیای ئەحمەد بەگ تێك شکاند.

لە بەرەی پیرکە هێزەکانی عیراق هەندێ سەرکەوتنی دیکەیان بەدەست هێنا. بەڵام تیپەکانی ٤٧ی پیرەمەگرونو ٣١ی سلێمانی هێرشێکی چەواشەیان دەست پێکردو دەستیان بەسەر چیاکەدا گرتەوە. هێزەکانی عیراق زیاد لە ٦٠ کوژراویان هەبوو.

لە ٣ی ئازاردا هێزی پێشمەرگە بۆ ماوەی دوو سەعات سەربازگەکانی سوسێو کرژەو موغاغی تۆپباران کردو لە ئاکامدا هێزەکانی عیراق زیاد لە ٣٠ سەربازیان لێ کوژراو تانکێك و تۆپێك و چەند ئوتومبیلێکیان تێک شکێنرا.

شەوی ٥ لەسەر ٦ی ئازار هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٥٣ی شێروانە و ٥٧ی سەگرمە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی عیراق لەئەشکەوتی گەنان لە نزیك قەڵەم پاشاو دەستی بەسەردا گرت. هێزەکانی عیراق زیاد لە ٢٠ سەربازیان لێ کوژرا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١٠ پارچە چەك و ٣ دەزگای بێسیمدا گرت. یەك پێشمەرگە لە هێرشەکەدا شەهید بوو.

لە ٦ی ئازاردا هێزەکانی عیراق لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر بناری چیای پیرەمەگرون و گوندی زێوێ. تیپەکانی ٢٣ی سورداش و ٢٧ی تۆکمە بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو تێکیان شکاند. سەعات ١٢,٣٠ دوو هەلیکۆپتەر گوندی زێوێیان بۆردومان کردو لە ئاکامدا پێشمەرگەیەکی هێزی پشتگیری شەهید بوو.

لە بەرەی دۆڵەڕوت هێزەکانی عیراق هێرشێکی بەربڵاویان کرد. تیپەکانی ٣١ی سلێمانیو ٥٩ی حەمرینو ٤٧ی پیرەمەگرون بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە. شەڕ لەسەعات ٦وە تا سەعات ١٢ درێژەی کێشا. لە سەرەتای هێرشەکەدا هێزەکانی عیراق لە هەندێ شوێن پێشڕەوییان کرد بەڵام دواتر هەموو شوێنە

گیراوەکانیان لەدەستداو دەوروبەری ٣٠ سەربازیان لێ کوژرا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٣٠ پارچە چەکو دەزگایەکی بێسیمدا گرت.

هەر ئەو شەوە هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی ١٢ تانکو تۆپو کاتیۆشا، سێ هێرشیان کردە سەر چیای دابان. تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ بەرپەرچی هەر سێ هێرشیان دایەوەو هەموویان تێك شکاند.

لە ٧ی ئازاردا هێزی پێشمەرگە سەنگەرەکانی سوپای عیراقی لەگۆجار، گەورەدێ و گەڕەدێ تۆپباران کرد. هەمان ڕۆژ لەسەعات ٩,٣٠دا لە نزیك شارستێن هەلیکۆپتەرێك پێکراو لەبەرەی چوارقوڕنە کەوتە خوارێ.

لە بەرەی گەورەدێ، هێزەکانی عیراق هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر زنجیرە چیاکانی پشت گوندەکانی گەورەدێ و گەڕەدێ. تیپەکانی ٨٥ی بەڕانەتیو ٢١ی کەرکوك بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە. دواتر تیپی ٨٥ی بەڕانەتی هێرشێکی چەواشەی دەست پێکردو هێزەکانی عیراقی راونا. لە شەڕەکەدا هێزەکانی عیراق دەوروبەری ١٥٠ سەربازیان لێ کوژرا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١١ پارچە چەکدا گرت. سێ پێشمەرگە شەهید بون.

لەبەرەی مەرگە هێزەکانی عیراق پاش زیانێکی زۆر هەردوو گوندی مەرگەو شارستێنیان گرتو بەرەو گوندەکانی دیکەی ناوچەکە دەستیان بەپێشڕەوی کرد.

لە بەرەی خوڕخوڕە، هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر گوندەکە بەڵام هیچ ئامانجێکیان لە هێرشەکەدا پێ نەهاتە دی.

لە ٨ی ئازاردا هێزەکانی عیراق لەسەعات ٣,٣٠دا هێرشێکی دیکەیان کردە سەر خوڕخوڕە. شەڕ تا سەعات ٧ درێژەی کێشاو لە شەڕەکەدا هێزەکانی عیراق تەنها دوو گردەکەی داری زەکەریایان پێ گیرا. شەو پێشمەرگە هێرشێکی چەواشەی کردە سەر گردەکانو پاش شەڕێکی سەختو کوژرانی ژمارەیەکی زۆری سەربازان، دەستی بەسەر گردەکاندا گرتەوە.

لە ٩ی ئازاردا هێزەکانی عیراق لەبەرەی قەمچوغە هێرشێکیان لەچوار قۆڵەوە دەست پێ کرد. تیپی مەڵبەندی ٢و تیپی ٢٥ی خاڵخاڵانو هێزی پشتگیری هێرشەکەیان تێك شکاند.

لە ١٠ی ئازاردا هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر گردەڕەش کە کەوتۆتە نێوان دۆڵە بیو خوڕخوڕە. هێزی پێشمەرگە بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوەو شەڕ تا سەعات ١٧ درێژەی کێشا.

لە بەرەی قەمچوغە هێزی پێشمەرگە گردبونەوەکانی سوپای عیراقی لە نزیك قەمچوغەو قەشقۆڵیو سەر ڕێگای سلێمانی - دوکان تۆپباران کرد. شەو، هێزی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عیراق لەبەرەی شارستێنو دەستی بەسەر بەرزاییە ستراتجییەکاندا گرت. هێرشەکە کوژرانی ١٥٠ سەربازی لێ کەوتەوە. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٧٦ پارچە چەکدا گرت.

لە ١١ی ئازاردا هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر گردەکانی داری زەکەریاو هەوارە بەرزەو دەستیان بەسەردا گرت. شەو هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر بەرزاییە ستراتیجییەکانی بەرەی شارستێن. پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کوژراویان لێ کەوت کشانەوە دواوە. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٥ پارچە چەکدا گرت. لەبەرەی قەمچوغەش شەڕ دەستی پێکردەوە.

لە ١٢ی ئازاردا هێزەکانی عیراق هێرشیان کردە سەر دۆڵەڕوت و شەڕ لەگوندی قزلەر رویدا. تیپی ٣١ی سلێمانی هێرشەکەی تێك شکاند.

لەبەرەی شارستێن هێزەکانی عیراق بەشەو هێرشیان

کرده سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەڵام هێرشەکە شکستی هێنا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر سێ پارچە چەکدا گرت. شەڕەکە دوو شەهیدی لە هێزی پێشمەرگە لێ کەوتەوە.

لە ١٣ی ئازاردا لەسەعات ٤دا هێزەکانی عیراق هێرشێکی گەورەیان کردە سەر کڵاوسپیان لە نزیك گوندی قەرەنگوێ. پاش ئەوەی هێزەکانی عیراق زیانێکی زۆریان بەر کەوت، دەستیان بەسەردا گرت. پاش لەدەستدانی کڵاوسپیان، هێزی پێشمەرگە تۆپبارانی هێزەکانی عیراقی کردو زیانێکی گیانیی زۆری پێ گەیاندن. لە هەمان کاتدا شەڕ لەبەرەی شارستێن تاوی سەند.

لەم سەروبەندەدا هێزی پێشمەرگە شوێنی گردبونەوەی هێزەکانی عیراقی لەگوندی شەدەڵەو قەشقۆڵی تۆپباران کرد.

لە ١٤ی ئازاردا هێزی پێشمەرگە شوێنی گردبونەوەی سوپای عیراقی بەدرێژایی ڕێگای سلێمانی ـ دوکان تۆپباران کرد. هەر ئەو ڕۆژە مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لەبناری چیای گۆجار بۆسەی بۆ سەربازەکان دانا، لە ئاکامدا ٧ سەرباز کوژرانو ١٥ی دیکەش بریندار بون و ٩٢ سەربازیش بەدیل گیران. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٣٠ پارچە چەکدا گرت.

لە ١٥ی ئازاردا هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەر زنجیرە چیاکانی سماقەدا گرت کە کەوتونەتە پشت دەروازەی دۆڵی جافەتی. هێزی پێشمەرگە شوێنەکانی گردبونەوەی سوپای عیراقی لەدوکان بۆ ماوەی دوو سەعات بەخەستی تۆپباران کرد.

شەو شەڕێکی سەخت لە چیای دابان و هەرزنە رویدا. هێزەکانی عیراق نەیانتوانی دەستیان بەسەردا بگرن. تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ هێرشەکەی سوپای عیراقیان تێك شکاند.

هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١٦ پارچە چەکدا گرت. لەهێزەکانی عیراق ٤٠ سەرباز کوژرانو ١٤ی دیکەش بەدیل گیران.

لە ١٦ی ئازاردا هێزەکانی عیراق پاش شەڕێکی سەخت دوو گردیان لە پشت گوندەکانی مەولان و قۆمەرغان گرت.

لە بەرەی دۆڵەڕوت هێزەکانی عیراق لەسەعات ١٢دا لەسێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر دۆڵەڕوتو تاتەسپیو مێوڵاکە. شەڕ تا سەعات ١٧ درێژەی کێشا. پاشان هێزە پەلاماردەرەکان کشانەوەو ٢٢ لاشەیان لە مەیدان بەجێ هێشت. سێ پێشمەرگە لە شەڕەکەدا شەهید بون. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٦ پارچە چەکدا گرت. شەو هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەر دۆڵە بیو سێدەردا گرت.

لە ١٧ی ئازاردا هێزی پێشمەرگە گردبونەوەکانی هێزەکانی عێراقی لەگوندی شەدەڵە تۆپباران کرد.

لەم شەڕانەدا هێزەکانی عیراق لە نێوان ٢٠٠٠ ـ ٣٠٠٠ کوژراویان هەبوو لەوانە نزیکەی ١٠٠ ئەفسەر، هەروەها نزیکەی ٢٠٠٠ برینداریان هەبوو، سەرباری ئەوەی کە ١١٦ سەربازیان لێ بەدیل گیرا کە سەر بە هێزی جیاواز بون لەوانە لیوای ٦٥ی کۆماندۆ، لیوای ٦٦ی کۆماندۆی سەر بە فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، لیوای ١٩، لیوای ٣٦، لیوای ٣٢، لیوای ٧٢، لیوای ٧٥، لیوای ١١٦، لیوای ٤٣٨، لیوای ٤٤٨، لیوای ٤٤٥، فەوجی کۆماندۆی تیپی ٣٥، فەوجی کۆماندۆی تیپی ٤و زیاتر لە ٣٠ فەوجی پێکهێنراو لە سەربازانی لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٥.

هێزەکانی عیراق لە بەشێکی زۆری هێرشەکاندا گازی کیمیاییان لە دژی هێزی پێشمەرگە بەکار هێنا لەوانە گازەکانی تابون و خەردەل، هەروەها گوندەکانی یاخسەمەر، سەرگەڵوو، هەڵەدنو گوێزیلە درانە بەر

بۆمبی کیمیایی، لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە ٧٥ شەهیدی هەبوو، دیارترینییان محەمەد رازانیی فەرماندەی تیپی ٦٣ی جوتیارانە.

لە ١٨ی ئازاردا هێزی پێشمەرگە ناوچەکەی بەجێ هێشت و کشایەوە سەر سنور. هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەر تەواوی دۆڵی جافەتیدا گرت. شاڵاوەکە یەکەم شاڵاوی ئەنفالەکان پێکدێنێ. ئەم شاڵاوە زنجیرە شاڵاوەکانی ئەنفالی ٢و ٣و ٤و ٥و ٦و ٧ی بەدوادا هات کە زیانێکی زۆریان بە کوردستان گەیاند.

## پاشکۆی ژمارە ١
## شەهیدانی شەڕەکانی دۆڵی جافەتی

١. محەمەد رازانی فەرماندەی تیپی ٦٣ی جوتیاران.

٢. ئیسماعیل تەها ئەمین جێگری فەرماندەی تیپی ٩٠ی باواجی.

٣. عەبدوڵڵا ئیسماعیل فەرماندەی کەرت لە تیپی ٧٨ی کاروخ.

٤. نامیق عەلی فەرماندەی کەرت لە تیپی ١٧ی زمناکۆ.

٥. دلێرە سور فەرماندەی کەرت لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.

٦. حیکمەت محەمەد وەهاب جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥٩ی حەمرین.

٧. عەبدولڕەحمان رەشید جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥٩ی حەمرین.

٨. هەژار ساڵح عەسکەری جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥٩ی حەمرین.

٩. عەبدوڵڵا محەمەد حەسەن جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس.

١٠. ئەرسەلان فایق محەمەد جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٣١ی سلێمانی.

١١. مەجید محەمەد عەلی جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٢١ی کەرکوك.

١٢. ئەحمەد عەبدولرەحمان جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥٣ی شێروانە.

١٣. کامەران عەباس ئیسماعیل فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ی١٩ی کۆڕەك.

١٤. برایم کەریم فەتاح فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.

١٥. فارس عەزیز فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.

١٦. سیروان حەمە فەرەج فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی مەڵبەندی دوو.

١٧. محەمەد فاتیح فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٥٧ی سەگرمە.

١٨. ئیسماعیل عەسکەری فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.

١٩. محەمەد رەسوڵ رابەری سیاسی لە تیپی ٩٩ی بیتوێن.

٢٠. محەمەد مستەفا رەسول پێشمەرگەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس.

٢١. سەلام حەمە ئەمین پێشمەرگەی تیپی ١٧ی زمناکۆ.

٢٢. حەسەن عەبدوڵڵا میرزا پێشمەرگەی تیپی ٥٩ی حەمرین.

٢٣. خەلیل برایم محەمەد پێشمەرگەی تیپی ٥٩ی حەمرین.

٢٤. محەمەد قاسم پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی یەك.

٢٥. جەلال عەرەب پێشمەرگەی تیپی ٥٩ی حەمرین.

٢٦. حسێن عەزیز قادر پێشمەرگەی تیپی ٥٣ی شێروانە.
٢٧. حەمە ئەمین محەمەد موراد پێشمەرگەی تیپی ٥٣ی شێروانە.
٢٨. جەبار تۆفیق عەزیز پێشمەرگەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون.
٢٩. ئیدریس سەعید ئەمین پێشمەرگەی تیپی ٢٥ی خاڵخالآن.
٣٠. عوسمان ئەحمەد پێشمەرگەی تیپی ٦٣ی جوتیاران.
٣١. عوسمان عەبدولڕەحمان پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمە.
٣٢. سامان حەسەن مەحمود پێشمەرگەی تیپی ٥٣ی شێروانە.
٣٣. هەژار جەلال شێرە پێشمەرگەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.
٣٤. حەمە عەبدوڵڵا حەمەد پێشمەرگەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.
٣٥. بەهرۆز کاکل پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوك.
٣٦. عەبدولموتەلیب ئەسعەد پێشمەرگەی تیپی ١٩ی کۆڕەك.
٣٧. دارا محەمەد شەفیق پێشمەرگەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.
٣٨. تالیب مەجید پێشمەرگەی تیپی ٢٥ی خاڵخالآن.
٣٩. مەغدید سەمەد پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی سێ.
٤٠. نازم حەمید مەجید پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان.
٤١. ئازاد مەغدید پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران.
٤٢. محەمەد حسێن پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران.
٤٣. سەعید ئیسماعیل پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران.
٤٤. عوسمان حەمە ئەمین پێشمەرگەی تیپی ١٩ی کۆڕەك.
٤٥. مەلا عەلی محەمەد فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٣١ی سلێمانی
٤٦. هۆمەرە سور پێشمەرگەی تیپی ٧٨ی کاروخ.
٤٧. خالید تالینەیی پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران.
٤٨. محەمەد عەلی موسا ناسراو بە هەڵۆ پێشمەرگەی تیپی ٩٩ی بیتوێن.
٤٩. بەختیار برایم ئیسماعیل پێشمەرگەی هێزی پشتگیری.
٥٠. مەحمود حەمەئەمین پێشمەرگەی هێزی پشتگیری.
٥١. عەتا عەبدولکەریم پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان.
٥٢. تەیب فاتیح پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان.
٥٣. فەتحوڵڵا مەجید ئەحمەد فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٥١ی گەرمیان.
٥٤. محەمەد رەسول پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٥٥. ئازاد سەمیع پێشمەرگەی تیپی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی.
٥٦. عەبدوڵڵا ئەحمەد پێشمەرگەی تیپی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی.
٥٧. ئەزوەر ئەحمەد حاجی پێشمەرگەی تیپی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی.

**تێبینی:** ژمارەی شەهیدەکان ٧٥ شەهیدە. ناوی

١٨ شەهید نەزانراوە کە بەم جۆرە دابەش بوون: ٤ کادیری رێکخستنو رابەری سیاسی لەتیپەکانی ٨٣ی هەورێ و ٢٥ی خاڵخاڵانو ١٢ی سۆران، ١ پێشمەرگەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، ٣ پێشمەرگەی تیپی ٩٩ی بیتوێن، ٢ پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران، ٢ پێشمەرگەی تیپی ١٩ی کۆڕەك، ٢ پێشمەرگەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، ١پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان، ١ پێشمەرگەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، ١ پێشمەرگەی تیپی ٧٨ی کاروخ و ١ پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی سێ.

## پاشکۆی ژمارە -٢-
## شەهیدانی سیڤیلی ٢٦ی شوباتی ١٩٨٨ و شوێنی شەهیدبونیان

١- سروە یاسین عەبدولڕەحمان (هەڵەدن).
٢- یاسین عەبدولڕەحمان (هەڵەدن).
٣- عەبدوڵلا دالار (یاخسەمەر).
٤- حەلاو محەمەد (یاخسەمەر).
٥- شوکریە عەبدوڵلا دالار (یاخسەمەر).
٦- پەیمان عەبدوڵلا دالار (یاخسەمەر).
٧- سۆران عەبدوڵلا دالار (یاخسەمەر).
٨- محەمەد فەرەج (یاخسەمەر).
٩- محەمەد سەعید (یاخسەمەر).

## دۆڵی جافەتی (چالاکیی پارتیزانی)

چالاکیی چاندنی مین لە دۆڵی جافەتی لە ئازاری ١٩٨٩. شەوی ٢ لەسەر ٣ی ئازاری ١٩٨٩ مەفرەزەیەکی پارتیزان دزەی کردە دۆڵی جافەتیو لە نێوان دوو سەربازگەکەی هەردوو گوندی راگوێزراوی چالاوەو مالومەدا چەند مینێکی چاندو پاشان گەڕایەوە بۆ بنکەکەی خۆی.

سەعات ١٠,٣٠ ی رۆژی ٣ی ئازار مینێك لە ژێر جێبێکی سەربازیدا تەقییەوەو بووە مایەی کوژرانی یەك ئەفسەرو یەك سەربازو تێکشکاندنی ئوتومبیلەکە. سەعات ١٠,٤٠ی هەمان رۆژ مینێکی تر لەدۆڵی دوپەخوار لە ژێر ئوتومبیلێکی تری سەربازیدا تەقییەوەو بووە هۆی کوژرانی دوو ئەفسەرو سەربازێك و برینداربونی دوو سەربازی تر. یەکێ لەدوو ئەفسەرەکە فەرماندەی گروپەکە بوو.

دوا بەدوای تەقینەوەی دوو مینەکە، کوژراوو بریندارەکان بە هەلیکۆپتەر گوێزرانەوە بۆ نەخۆشخانە.

پارتیزانەکان کاتێکی وایان بۆ چاندنی مینەکان هەڵبژاردبوو کە تێیدا هێزەکانی عیراق تازە پرۆسەی کێومالْ کردنی ناوچەکەیان تەواو کردبوو. لە ماوەی نێوان ٢٥ی شوبات و ٢ی ئازاردا تەواوی گوندە کاولکراوەکانی یاخسەمەر، هەڵەدن، گوێزیلە، چالاوە، مەولان، قومەرغان، قەرەنگوێ، سێکانیان، مێرگەپانو لوتکەی چیاکانی ژیلوان، خەرتیز، تالاو، کەرکەر، روتەی قومرغان، شێخ باخ و بابۆی کێومالْ کرابوون و بە هۆی ئەمەوە هێزەکانی عیراق لەوە دڵنیا ببوون کە ناوچەکە هیچ ئاسەوارێکی پارتیزانەکانی تێدا نەماوە.

## دۆڵی خانەقا (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هەردوو تیپی ٧٨ی کاروخو ١٢ی سۆران لە دۆڵی خانەقا لەشەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی ئایاری ١٩٧٨ کەگرتنی ٩ رەبیەی جاشەکانی لێ کەوتۆتەوە. شەوی ٣٠ی لەسەر ٣١ی ئایاری ١٩٧٨ هێزی پێشمەرگە بەپێی نەخشەیەکی ورد هەڵی کوتایە سەر نۆ رەبیەی جاشەکان لە دۆڵی خانەقاو دەستی بەسەردا گرتن.

چالاکییەکە کوژرانی ١٥ جاشی لێ کەوتەوە کەناوی یانزەیان زانرا و لەئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرایەوە. زۆربەی جاشەکان رایانکردو پێشمەرگە تا دوڕیانەکەی دەرگەڵە راوی نان. شەش جاشیش بەدیلی کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگەوە. لەم چالاکییەدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٢١ پارچە چەك و بڕێکی زۆری فیشەکو نارنجۆك و ئامێرو کەلوپەلی عەسکەریدا گرت. لە هێزی پێشمەرگە یەك شەهید بە ناوی برایم رەسول هەبوو.

## دەباشان (راگەیاندنی هاوبەش)

راگەیەندراوی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بزووتنەوەی گۆڕان لە ساڵی ٢٠١٢ سەبارەت بەگەڕاندنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان و هەمووارکردنەوەی.

لە ٢٤ی ئەیلولی ٢٠١٢ دا شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتیی رێکخەری گشتی نەوشیروان مستەفا سەردانی تاڵەبانیی کرد لە بارەگای تایبەتی خۆی لە دەباشان لە سلێمانی.

سەردانەکە پاش ئەوە هات کە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبونەوەکانی ١٨ — ٢٠ ی ئەیلولدا جەختی کردبووە سەر ئاساییکردنەوەو پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و لە راگەیەندراوی کۆتایی کۆبونەوەکانیشدا ئاماژەی بەم بڕیارە دابوو. لە کۆبونەوەکەی دەباشاندا کە لە ٢٤ی ئەیلولدا لە بارەگای تایبەتی تاڵەبانی لە نێوان شاندی هەردولادا بەڕێوە چوو، چەند بابەتێکی گرنگ تاوتوێ کران. ئەجێندای کۆبونەوەکە لەچەند بابەتێکی کۆڵییەوە لەوانە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، پرسی دەستوری هەرێم و پێویستیی گەڕانەوەی پرۆژەی دەستور بۆ پەرلەمان و هەمووارکردنەوەی، کاروباری عیراق و ناوچەکە.

پاش کۆبونەوەکە، لە لێدوانەکانیاندا بۆ کەناڵەکانی



ڕاگەیاندن هەردوولا ڕووناکییان خستە سەر ناوەڕۆکی کۆبونەوەکە. تاڵەبانی لە لێدوانەکەیدا وتی «دەتوانم بڵێم هیچ گیروگرفتێك لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕاندا نەماوە». سەبارەت بە مەسەلەی چاکسازی و دەستوور، نەوشیروان مستەفا وتی «هەردوو لامان هاوڕا بووین لەسەر ئەوەی کە دەبێ چاکسازیی سیاسی، ئیداریو یاسایی لە هەرێمی کوردستان بکرێت. بەوە دەست پێدەکەین کە (پرۆژەی) دەستور و ئەو یاسایانەی کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە بگەڕێنەوە بۆ ناو پەرلەمان و بە جۆرێك هەموار بکرێنەوە کە کۆدەنگییەکی نیشتمانییان لەسەر بێت». هەروەها لەم ڕووەوە تاڵەبانی وتی «دەستور پێویستی بە سازانی نیشتمانی هەیە چونکە دەستور شتێك نییە کە بۆ حزبێك و گروپێكو لایەنێك بێت بەڵکو دەبێت هەموو لایەنەکان لەسەری پێك بێن و ببێتە بنەما بۆ یاساکان».

دەربارەی ڕێککەوتننامەی ستراتیجیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیش، نەوشیروان مستەفا وتی« ئێمە هیچ داوامان لە یەکێتی نەکردووەو داواشی لێ ناکەین نە لە ڕێککەوتننامەی ستراتیجی نە لە حکومەت و نە لە بەغدا بکشێتەوە. ئێمە تەنها لەسەر ئەو مەسەلانە پێك هاتوین کە پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە چ دەستور بێ چ ئەو یاسایانەی کە ڕەهەندێکی نیشتمانییان هەیە کە دەبێ بگێڕدرێنەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی هەموار بکرێنەوە». دەربارەی هەمان بابەتیش، تاڵەبانی وتی« ڕێککەوتننامەی ستراتیجیمان (لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان) هەیەو وەك کاك نەوشیروان دەڵێت کەس داوای لێ نەکردوین ئەو ڕێککەوتننامەیە هەڵبوەشێنینەوە. بەپێچەوانەوە، برادەران داوایان لێ کردوین بیپارێزین نەك لاوازی بکەین. بەڵام ئەمە بەم مانایە نیە کە بیروڕای تایبەتمان نەبێت».

پاش کۆبونەوەکە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش بە ناوی هەردوو لایەنەوە دەرچوو، تێیدا جەخت کرایە سەر پێویستیی گەڕانەوەی پرۆژەی دەستوری کوردستان بۆ پەرلەمان و هەموارکردنەوەی لە ڕێی سازانەوە بۆ گونجاندنی لەگەڵ بنەماکانی سیستمی سیاسیی عیراق و کردنی سیستمی سیاسیی هەرێم بە سیستمێکی پەرلەمانی.

گرنگترین هۆی هاندەر بۆ لێك نزیکبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان، نیگەرانیی هەردولا بوو لە ئایندەی دیموکراسی لە کوردستان. هەردولا بەپێی تاقیکردنەوەی ساڵانی ڕابردوو بۆیان دەرکەوتبوو کە سیستمە نیمچە سەرۆکایەتی- نیمچە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان بۆتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم پەرەسەندنی سیاسی لە کوردستان و لەم سۆنگەیەوە هاوڕا بون لەسەر دروست کردنی فشار بۆ گێڕانەوەی پرۆژەی دەستور بۆ پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوەی و دەستکاری کردنی بە چەشنێك کە سیستمەکە لە نیمچە سەرۆکایەتی- نیمچە پەرلەمانییەوە ببێ بە هاوشێوەی سیستمی پەیڕەوکراوی عیراق. سەرەڕای هەموو فشارەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان بە خۆیدا ڕادەپەرموو کە بتوانێ فشارەکان پوچەڵ بکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٣دا، بەرامبەر بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی بۆ دوو ساڵ، ڕەزامەندیی لەسەر گێڕانەوەی پرۆژەی دەستور بۆ پەرلەمان نیشاندا. هەرچەند دواتر، لە کاتێکی درەنگدا، لیژنەیەك لە هەموو حزبەکان بۆ نوسینی پرۆژەیەکی تازەی دەستور پێك هێنرا، بەڵام لیژنەکە لەسەر دەقێکی یەکگرتوو ڕێك نەکەوت. خاڵی سەرەکی کە زۆرترین ناکۆکیی لەسەر بوو، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم

بوو. لەم سەروبەندەدا پارتی دیموکراتی کوردستان سور بوو لەسەر دابین کردنی زۆرترین دەسەڵات بۆ سەرۆکی هەرێم، لەکاتێکدا حزبەکانی تر بانگەشەیان بۆ دەسەڵاتی پرۆتۆکۆلی دەکرد.

## پاشکۆ

## دەقی راگەیەندراوی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان

پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ سەرۆك تاڵەبانی لە بارەگای تایبەتی خۆی لە سلێمانی، پێشوازیی کرد لە بەڕێز نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گـۆڕانو وەفـدێکـی هـاوڕێـی کـە بـەگـەرمـیـیـەوە پێشوازییان لێکرا.

لە سـەردانـەکـەدا کـاك نـەوشـیـروان و هاوڕێیانی بـەگـەرمـیـیـەوە لـەهـەواڵـی تـەنـدروسـتـیـی سـەرۆك تاڵەبانییان پرسیو بەخێرهاتنەوەیان لێکرد. دواتـر بـە ئـامـادەبـونـی هـەڤـاڵ کـۆسـرەت رەسـول عـەلی، جێگری سکرتێری گشتی و ژمارەیەك لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، کۆبونەوە ئەنجام درا، تیایدا بارودۆخی کوردستانو عیراق و ناوچەکە و پێشهات و گۆڕانکارییەکان گفتوگۆیان لەبارەوە کراو سەرنج و خوێندنەوەی ئەگەرە سیاسییەکانی ناوچەکە وەك یەکبوون و یەکهەڵوێستیش لە ئاستی عیراقو هەرێمایەتیدا پەسەند کران. هەروەها لە کۆبونەوەکەدا چەندین بابەتی پەیوەست بە هەرێمی کوردستانیش بیروڕایان لەبارەوە ئاڵوگۆڕ کرا، بەتایبەتی مەسەلەی دەستوری کوردستان و گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمانو هەمـوارکـردنی، کـە هـەردوولا لـەسەر گەڕاندنەوە و هەموارکردنی هاوڕا بوون، بە شێوەیەك کە تەوافوقی هەموو لایەنەکانی لەسەر بێت و سیستمی سیاسیی کوردستان لەگەڵ بنەمای سیستمی سیاسیی عیراق، کە لە دەستوری عیراقدا پەسەند کراوە، بگونجێنرێ و بکرێ بە سیستمی پەرلەمانی.

هـەروەهـا لـە کـۆبـونـەوەکـەدا چەندین بابـەت کە ڕەهـەنـدی نیشتمانییان هەیە، گفتوگۆیان لەسەر کرا. هەر لەو چوارچێوەیەدا هەردوولا ڕێککەوتن کە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕان ئاسایی بن و لەگەڵ لایەنەکانی تریشدا سەبارەت بەو مەسەلانەی رەهەندی نیشتمانییان هەیە گفتوگۆ و راوێژ و بیروڕا گۆڕینەوە بکرێت.

٢٠١٢/٩/٢٤

## دەربەندی نارام سین (شەڕ)

شەڕێکە لە ١٩ی نیسانی ١٩٨٨دا لە نێوان دەسـتـەیـەکـی هـێـزی پێشمەرگە بـە فەرماندەیی عومەر غەریب و هێزێکی سوپای عیراق کە لە کۆماندۆو جاش پێکهاتبوو، لە قۆپی نارام سین لە قەرەداغ هەڵایساوە.

لە کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوی سێیەمی ئەنفال کە ناوچەی گەرمیانی گرتۆتەوە، هێزێکی پێشمەرگە کە سەرکردەکانی هەر یەك لە عومەر فەتاح و جەعفەر شێخ مستەفا بون، لە چوارچێوەی نەخشەی سەرلەنوێ دابەش کردنەوەی هێزی پێشمەرگەدا، لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پاشەکشە بۆ سنوری هەردوو تیپی ٢١ی کەرکوك و ٢٥ی خاڵخاڵان بکات، بەڵام لە ١٦ی نیساندا لە قەڵبەزەکانی ئەودیوی گوندی دۆڵان توشی پێکداهەڵپژانێکی سەخت بوو لەگەڵ هێزەکانی سوپای عیراق. لەو پێکداهەڵپژانەدا هێزی پێشمەرگە زیانێکی زۆری لە هێزەکەی سوپای عیراق دا و سەربازێکیشی لێ بە دیل گرت، بەڵام هێزی پێشمەرگە دوو برینداری بە نـاوی خالید ماوەتی و حەمە رەق غەریب هەبوو.

لە گوندی چۆڵکراوو وێرانکراوی دێڵێژەی قەرەداغ، مەفرەزەیەکی هێزەکە بە فەرماندەیی عومەر غەریب ئەوەی پێ سپێردرا کە دوو پێشمەرگە بریندارەکە بگەیەنێتە قۆپی قەرەداغ و لەوێ لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانە پەراگەندەکانی هێزی پێشمەرگە یەك بگرێتەوە.

مەفرەزەکە بەرەو شوێنی دیاریکراو بەڕێ کەوت، لە هۆمەرەمانەوە بەرەو قۆپی سەرکۆ رۆیی‌و لە ١٨ی نیساندا گەیشتە قۆپی سەرکۆو شەو لە قۆپیی ئەستێڵ مایەوە.

لە ١٩ی نیساندا مەفرەزەکە گەیشتە قۆپی نارام سین و لەوێ دوو پێشمەرگەی بریندارى بە ناوی رزگار عەبدوڵڵا هەورامی و عەلی چەقڵاوەیی لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ دۆزییەوە. دوو پێشمەرگەکە کە پێشتر لە شەڕی گوندی شێخ تەوێڵ بریندار ببون، پەیوەندییان بە هێزەکەوە کرد. برینەکانیان زۆر سەخت نەبوو.

لەو ماوەیەدا هێزەکانی سوپای عیراق زوو زوو ناوچەکەیان کێوماڵ دەکرد بۆ ئەوەی مەفرەزە پەراگەندەکان لەناو بەرن.

لەم سەروبەندەدا هێزێکی پێکهاتوو لە کۆماندۆو جاشەکان بۆ کێوماڵ کردنی ناوچەکە گەیشتە نزیك ئەو شوێنانەی پێشمەرگەی لێ بوون. شەڕێکی دەستەویەخە لە نێوان هەردولادا رویدا کە تێیدا هێزی پێشمەرگە دەستپێشخەریی کردو بە سوود وەرگرتن لە فاکتەری سوپرایز تەنگی بە هێزە کێوماڵکەرەکە هەڵچنی. لەگەڵ گەرمبونی شەڕەکەدا جاشەکان رایانکردو سەربازەکانیان لە مەیدانی شەڕ بە تەنها بۆ چارەنوسی خۆیان بەجێ هێشت. هەر لەسەرەتای شەڕەکەدا ئەفسەرێك و ٢٣ سەرباز کوژران. هێزەکە



لە شوێنی خۆی گیری خواردو تەنگی پێ هەڵچنرا.
دوو هەلیکۆپتەر بۆ فریاکەوتنی هێزە گیرخواردووەکە گەیشتنە مەیدانی شەڕ بەڵام لەبەر تێکچڕژاوی و تێك گیراویی مەیدانی شەڕەکە، هەلیکۆپتەرەکان تەقەیان نەکردو گەڕانەوە. لەم سەروبەندەدا سەربازەکان بە دەم تەقەوە سەنگەرەکانیان چۆڵ کردو رایانکرد. پێشمەرگەش یەکە یەکە تەقەی لێ کردن و لە کۆتاییدا هەموویانی لەناو برد. تۆپخانەی سوپای عیراق دەستی بە تۆپباران کردنی کوێرانەی ناوچەکە کردو زۆربەی شوێنەکانی کوتا. بەڵام هێزی پێشمەرگە نە لە ئەنجامی شەڕەکەدا زیانی پێ کەوت و نە بە هۆی تۆپبارانەوە. پاش شەڕەکە، پێشمەرگەکان بە دەربەندی گەوڕدا کە بە دەربەندی پەیکەرەکەی نارام سین ناسراوە، چوونە خوارەوە. سەرچاوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی، ئەم شەڕە بە یەکەم شەڕی پارتیزانیی دوای شاڵاوی سێیەمی ئەنفال دەژمێرن. بەپێی راپۆرتێکی ئامادەکراو لە لایەن رێکخستنەکانی ناو شاری کەلارەوە کە بۆ حەمە رەش کەسنەزانی نێردراوە، دوژمن لەم شەڕەدا ئەفسەرێك و نزیکەی ٦٠ کۆماندۆی لێ کوژراوە.
پێشمەرگە بەشداربووەکانی شەڕەکە: عومەر غەریب، رزگار مستەفا و رەزاق حاجی ئەحمەد قەساب و محەمەد مەهدی لە رێکخراوی ٤ی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، فەرهاد گۆشانی و ستار چەمی سمۆری و رزگار عەبدوڵلا هەورامی و عەلی چەقڵاوەیی لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ، بەهادین نوری و عەلادین نوری لە باڵی قاعیدەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، عەلی شیوەسوری قازی پێشمەرگەی هێزی پشتگیری، سەرباری هاووڵاتییەك بە ناوی عەلی تەکیە.

هەڵکۆڵدراوی نارام سین: هەڵکۆڵدراوێکی دێرینە لە دەربەندی گەوڕ لە ئەستێڵی سەروو لە ناوچەی قەرەداغ، مێژوی بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، درێژییەکەی ٣ مەترو پانییەکەی دوو مەترە، بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی سەرکەوتنەکانی پاشای وڵاتی ئەکەد نارام سین لە بەرد هەڵکۆڵدراوەو بایەخێکی مێژوویی زۆری هەیە.

## دەربەندی هەڵەدن (چالاکیی پارتیزانی)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەی پارتیزانەکانی سورداشە لە دەربەندی هەڵەدن لە دۆڵی جافەتی لە ئایاری ساڵی ١٩٨٩ کە تێیدا پارتیزانەکان هێرشیان کردۆتە سەر بارەگای سریەی داری باپیر ئاجیو رەبیەی توەسپییەی گۆمە گەورە.
سەعات ١٨,٢٥ی رۆژی ٢٠ی ئایاری ١٩٨٩ مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەی پارتیزانی سورداش بە چەکی سوكو ئارپیجی هێرشی کردە سەر سریەی داری باپیر ئاجیو رەبیەی توەسپییەی گۆمە گەورەی دەربەندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتیو لە ئاکامی ئەم هێرشەدا ٨ سەرباز کوژران و ٣ سەربازی دیکە بریندار بون.
هێزەکانی دوژمن لە ترسی بونی بۆسە لەسەر رێگاکان، فریای بارەگای سریەو رەبیە نەکەوتن بەڵام لە سەعات ١٩,٣٠ وە تا ٥ی بەیانی بەردەوام بون لەسەر تۆپباران کردنی ناوچەکە بە هاوەنی ١٢٠ملم و لەم تۆپبارانەدا زۆرتر جەختیان کردە سەر تۆپباران کردنی گوندە وێرانو چۆڵکراوەکانی هەڵەدنو یاخسەمەرو دۆڵی مێرگەپان.
لەم سەروبەندەدا بەشێکی تری هێزە پارتیزانەکە هێرشی کردە سەر رەبیەی زینۆی سێکانیان کە

کەوتۆتە نێوان هەردوو گوندی وێرانکراوی سێکانیانو سەرگەڵوو. لە ماوەی ٢٠ خولەکدا رەبیەکە بەسەر سەربازەکاندا داڕوخا. هێرشەکە کوژرانی ٧سەربازو برینداربونی یەك سەربازی تری لێ کەوتەوە. لەم سەروبەندەدا هێزێکی دوژمن کە بۆ فریاکەوتنی رەبیەکەی زینۆی سێکانیان بەڕێ خرابوو، کەوتە بۆسەی پارتیزانەکانەوە و دوو سەربازی لێ کوژرا.

بەم پێیە، زیانەکانی هێزەکانی عیراق بریتی بون لە کوژرانی ١٧ سەربازو برینداربونی ٤ سەربازی تر، وێرانبونو گرتێبەربونی یەك بارەگای سریەو دوو رەبیە. پارتیزانەکان زیانیان نەبوو.

## دەرگەڵە (شەڕ)

شەڕێکە لە ٩ی ئازاری ١٩٧٧ لەگوندی دەرگەڵە لە ناوچەی رەواندز لە نێوان پێشمەرگەو سوپای عیراقدا، پێنج سەعاتی خایاند، لە ئاکامدا ٣٢ سەرباز کوژران و ١٧ سەربازی تر بریندار بوون، لە پێشمەرگەش عەزیز عەبدوڵڵا شەهید کرا.

## دەرەدۆین (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە رۆژی ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٧ هێرشی هێنابووە سەر گوندی دەرەدۆین لە خواروی دەربەندیخان. پاش شەڕێکی سەخت، ١٨ سەرباز کوژران، زرێپۆشێك و تانکێك و جێبێك تێك شکێنران و سەربازێکیش بەدیل گیراو دواتر ئازاد کرا.

هێزەکانی سوپا لە تۆڵەی زیانەکانیان دوو جوتیاریان بە ناوەکانی قادر مەلا محەمەدو محەمەد قادر ئەحمەد شەهید کرد.

## دەرەدۆین (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و سەربازانی سوپای عیراق لە نزیك گوندی دەرەدۆین لە خواروی دەربەندیخان لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ کە تێیدا پێشمەرگە بۆسەی بۆ زیلێکی سەربازی نایەوەو لێی دا. بۆ فریاکەوتنی سەربازانی ناو بۆسەکە، هێزێکی تری سوپا گەیشتە شوێنی شەڕەکەو هێرشی کردە سەر پێشمەرگە. شەڕەکە یەك سەعاتی خایاندو لە ئاکامدا ٧ سەرباز کوژران و ٢ سەربازی دیکەش بریندار بوون.

## دەرەدۆین (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لەگوندی دەرەدوێن لە خواروی دەربەندیخان لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٠. هێزەکانی سوپا هێرشیان کردە سەر گوندەکە و لەو کاتەدا پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و بەرەنگاریان بوونەوە.

شەڕەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاندو لە دواییدا هێزەکانی سوپا مەیدانی شەڕیان بەجێ هێشت. لەم شەڕەدا دوژمن زیاد لە ٢٥ سەربازی لێ کوژرا، لاشەی حەوتیان لە مەیدانی شەڕ لێ بەجێ ما، هەروەها ئەفسەرێك و ٥ سەربازیش بریندار بوون. جێبێکیش بە سوتاوی لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما.

دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە: ٧ پارچە چەك و بڕێك تەقەمەنی.

## دەرەویان (تیپی شانۆ)

تیپێکی شانۆیە، ساڵی ١٩٨٧ ژمارەیەك پێشمەرگە کە ئارەزمەندی هونەری شانۆ بون،

دایانمەزراندووە. سەرەڕای دژوارییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی و درێژەکێشانی شەڕو گەڕ، پرۆژەکە چاوی بە روناکی کەوت و دەنگدانەوەی باشیشی هەبوو.

تیپەکە شێوازی شانۆی گەڕۆکی پیادە کرد کە تێیدا شانۆ بۆ لای بینەر دەچێ نەك بە پێچەوانەوەو پەیوەندییەکی راستەوخۆتری لەگەڵ دروست دەکا. تیپەکە لە ژمارەیەك پێشمەرگە پێکهاتبوو کە هەندێکیان سەر بە تیپەکان بون و هەندێکی تریان لە بارەگاکاندا کاری ئیدارییان پێ سپێردرا بوو لەوانە ئەنوەر ساڵح عەزیز، رزگار عەلی، رێبوار حەسەن، کامیل ئەمین، سەعدون محەمەد، ئاوات مەولود، زیرەك غەریب و شێرکۆ محەمەد.

زۆربەی شانۆگەرییەکانی تیپەکە لە ناوچەی قەرەداغ پێشکەش کراون، بەتایبەتی لە گوندەکانی دەرەویانی سەروو، بەلەکجار، جافەران، گەڕەزیل و دۆڵانی سەروو. لەم سەروبەندەشدا هاوکاریی هونەری لە نێوان ئەم تیپەو تیپی شانۆی کوردستان هەبوو. ئامانجی تیپەکە گوزارشت کردن بوو لە واتا قووڵەکانی ژیان بە شێوەیەکی سادەو ساکارو راستەوخۆو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو هێزی پێشمەرگەو گوندنشینەکاندا.

لە قۆناغی پاش شاڵاوەکانی ئەنفالدا، ژمارەیەك لە ئەندامانی تیپەکە بەردەوام بون لەسەر چالاکییە هونەرییەکانیان و لە چەند بەرهەمێکدا بەشدار بون کە ساڵی ١٩٩٠ لە شاری سەقز لە کوردستانی ئێران نمایش کران.

بابەتی پەیوەندیدار:
*کوردستان (تیپی شانۆ).

## دەرەویانی سەروو (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگەکانی کەرتی بازیانی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغە لە نزیك گوندی دەرەویانی سەروو لە ناوچەی قەرەداغ لە ١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکان بۆسەیان بۆ هێزێکی سوپای عێراق نایەوە. هێزەکە کەوتە ناو بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان لێی هاتنە دەست و گوللەبارانیان کرد، لە ئەنجامدا ئەفسەرێك و ١١ سەرباز کوژران و دوو جێب تێك شکێنران.

لە تۆڵەی ئەم چالاکییەدا، هێزەکانی سوپا ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتییان لەگوندی دەرەویانی سەروو گرت و بە هەلیکۆپتەریش تەقەیان لەگوندەکانی دەوروبەر کرد، لە ئاکامدا لەگوندی دۆڵانی سەروو هاووڵاتییەکی تەمەن ٧٣ ساڵ بە ناوی حاجی سادق دۆڵانی شەهید بوو، ٣ کوڕیشی بریندار کران، سەرباری سوتاندنی دەغڵودانی جوتیاران و قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە ناوچەکە بۆ ماوەی ٢٤ سەعات.

## دەرەی کوورە (شەڕ)

شەڕێکە لە دەرەی کوورەی پشت گوندی میری سور لە ناوچەی شارەزور لە نێوان مەفرەزەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مەفرەزەیەکی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە١٧ی ئەیلولی ١٩٧٨. مەفرەزەکەی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی لە دەرەی کورە لە پشت گوندی میلی سور بۆسەی بۆ مەفرەزەکەی یەکێتی داناو تەقەی لێ کرد. پاش شەڕێکی قورس، لە مەفرەزەکەی یەکێتی، دوو پێشمەرگەو هاووڵاتییەك شەهید بون و

٧ پێشمەرگەش بە دیل گیران.

ناوی دوو شەهیدەکە تۆفیق حاجی مەحمود ناسراو بە ئازادو قادر حاجی ئەحمەد ناسراو بە فایق گەلاڵییە، ناوی هاوولاتییەکەش ئەحمەد فەتاح سورە. دیلەکانیش ئەمانەن: حەمە سەعید حەمە ئەمین ناسراو بە دکتۆر رەزا، کادیری پێشکەوتوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عومەر عەلی، حسێن محەمەد ئەحمەد، عەلی رەشید، ئازاد حسێن باپیر، حەسەن حسێن و عەلی محەمەد فەرەج کە زۆربەیان خەڵکی شارەزورن.

لە٢٠ی ئەیلولدا مەفرەزەکەی پارتی لە حەوت پێشمەرگە دیلەکە سێ پێشمەرگەی شەهید کرد کە ئەمانەن: حەمە سەعید حەمە ئەمین ناسراو بە دکتۆر رەزا، حسێن محەمەد ئەحمەد و ئازاد حسێن باپیر.

لە ناو شەهیدە دیلەکان، حەمە سەعید حەمە ئەمین ناسراو بە دکتۆر رەزا پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو بەشداربووی کۆبونەوە گرنگەکەی ئازاری ١٩٧٨ی گوندی نۆکان بووە کە تێیدا یەکەم سەرکردایەتیی هەڵبژێردراو بۆ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان پێك هاتووە.

## دەرەی نەوتەکە (چالاکیی پارتیزانی)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لەسەر رێگای سلێمان بەگ- کفری لە ساڵی ١٩٨٩. سەعات ١٩,٣٠ی رۆژی ١٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ی تیپی ٥١ گەرمیانی سەر بە رێتلی پارتیزانەکانی دەشتی گەرمیان لەسەر رێگای سلێمان بەگ- کفری چونە سەر رەبیەی دەرەی نەوتەکە، بەچەکی سوك و ئارپیجی لێیانداو رەبیەکەیان بەسەر سەربازەکاندا روخاند.

لەم سەروبەندەدا هێزێکی سوپا بە چەند ئیڤاو زرێپۆشێك بۆ فریاکەوتنی رەبیەکە لە سلێمان بەگەوە بەرەو شوێنی چالاکییەکە بەرێ کەوت. پێشمەرگەکان لە هێزەکە هاتنە دەستو ناچاریان کرد بکشێتەوە دواوە. زیانی دوژمن نەزانراوە.

## دەزگای پێشمەرگایەتی

دامەزراوەیەکی پێشمەرگانەیە کە ساڵی ١٩٨٥ پێك هێنراوە. مەبەست لێی، سەنترالیزە کردنی ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی هێزی پێشمەرگەیە. بەپێی پەیرەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٨٦ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کۆمیتەی دەزگای پێشمەرگایەتی لە٧ تا ٩ ئەندام پێکدێ، لەوانە یەکێکیان لێپرسراوی دەزگاکەیەو یەکێکی تریش لێپرسراوی کاروباری سیاسییەو هەردوکیان لە لایەن مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دیاری دەکرێن. ئەندامانی تری کۆمیتەکە، لێپرساوە عەسکەرییەکانی مەڵبەندەکانن کە هەر یەکێکیان بەپێی پۆستەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە ئەندام لەکۆمیتەکەدا.

هۆی پێکهێنانی دەزگاکە زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٨٥ بەدواوە هێزی پێشمەرگە ئەوەندە گەشەی کردبوو و چالاکییەکانی بە ئەندازەیەك پەرەیان سەندبوو کە دەرفەتێکی زۆر بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی گەورە هاتبوە ئاراوە. بەڵام نەبونی هەماهەنگیی پێویست لە نێوان مەڵبەندەکاندا یان لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە نێوان تیپەکانی سەر بە دوو مەڵبەند، هەندێ گرفتی دروست دەکرد. بۆیە دەزگای پێشمەرگایەتی بەو مەبەستە دروست کرا کە سەرپەرشتیی ئەو ئۆپەراسیۆنانە بکات

کەدوو مەڵبەند یان زیاتر بەهاوبەشی ئەنجامیان دەدا، رابەرایەتی یان سەرپەرشتیی ئەو ئۆپەراسیۆنانە بکات کەسەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەخشەکانی دەکێشا یان نەخشە بۆ مەڵبەندەکان دابنێ بۆ ئەوەی خۆیان بەتەنها یان بەهاوبەشی جێبەجێی بکەن. گەورەترین سێ ئۆپەراسیۆن کە دەزگای پێشمەرگایەتی رابەرایەتیی کردووە ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکانی ساڵی ١٩٨٦ی قەیوان- ماوەت و ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٧ی داستانی رزگاریو شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٨ی دۆڵی جافەتییە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەرکەکانی دیکەی دەزگای پێشمەرگایەتی بریتین لە دروست کردنی هەماهەنگی لەگەڵ لێپرساوە عەسکەرییەکانی مەڵبەندەکان، کردنەوەی خول بۆ پەرەپێدانی تواناکانی هێزی پێشمەرگەو رابەرە سیاسییەکانو دابەش کردنەوەیان بەسەر مەڵبەندەکاندا، مەشق پێکردنی هێزی پێشمەرگە لەسەر بەکارهێنانی چەکی جۆراوجۆر، سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی دابەش کردنی چەكو تەقەمەنیو کەلوپەلی پێشمەرگانە بەسەر هێزی پێشمەرگەدا بە چاودێریی مەکتەبی سیاسی.

## دەزگای تەندروستیی کوردستان

دامەزراوەیەکی تەندروستییە، ساڵی ١٩٨٤ لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی دام و دەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دامەزراوە. لەو ساڵەدا لیژنەیەکی کارگێڕی بە لێپرساوەتیی خەسرەو خاڵ بۆ رێکخستنەوەو سەرپەرشتی کردنی دامەزراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا. لەم چوارچێوەیەدا بەشێك بە ناوی بەشی تەندروستی دامەزراو لێپرساوەتییەکەی بە یوسف محەمەد عەزیز ناسراو بە دکتۆر شوان سپێردرا. ئامانجی بەشەکە، سەرپەرشتی کردنی کاروباری دام و دەزگا تەندروستییەکانو دابین کردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بوو بۆ هێزی پێشمەرگەو دانیشتوانی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق.

تا ئەو کاتە هیچ دەزگایەکی تایبەتمەند بە سەرپەرشتی کردنی دامەزراوە تەندروستییەکان نەبوو. بۆیە، پێکهێنانی دەزگاکە لە ڕوی کارگێڕییەوە هەنگاوێکی پێویست بوو بۆ رێکخستنی کاروباری تەندروستیو کۆکردنەوەی هەموو تیمارگەو نەخۆشخانەکانو دروست کردنی مەرجەعیەتێکی کارگێڕی بۆ پزیشکەکانی شۆڕش کە لە مەڵبەندەکانو لە ناو هێزی پێشمەرگەدا خزمەتیان دەکرد.

دوا بە دوای پێکهێنانی دەزگاکە، بەرنامەیەك بۆ پێداچوونەوەی شێوەی دابەشبونی کادیرە پزیشکییەکان دانراو بەپێی بەرنامەکە کادیرەکان بە شێوەیەکی رێکوپێکتر بەسەر چوار مەڵبەندەکەدا دابەش کران و بڕیار درا لە هەر مەڵبەندێکدا نەخۆشخانەیەك دابمەزرێ. نەخۆشخانەکەی بەرگەڵووش لە دۆڵی جافەتی بە نەخۆشخانەی ناوەندی دانرا. بەپێی نەخشەکە، بۆ هەر نەخۆشخانەیەك کادیری پزیشکیی پێویست دابین کراو هەروەها بەپێی توانا تیمی بەنجکردن و نەشتەرگەری، رادیۆلۆژی، تاقیگە، دانسازی، دەرمانخانەو قاوشی مانەوەی نەخۆش دابین کرا. بەپێی بەرنامەکە، کارێکی وا کرا هەر تیپێك کادیری پزیشکیی خۆی هەبێ.

لە ناو هەموو نەخۆشخانەکاندا نەخۆشخانەی بەرگەڵوو لە هەموو نەخۆشخانەکانی تر پێشکەوتوتر بوو، نەشتەرگەریی گەورەی تێدا کراوەو ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەو هاووڵاتیی تێدا چارەسەر کراوە، بەتایبەتی لە کاتی هەڵایسانی ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی جافەتیداو بە

شێوەیەکی زۆر تایبەتتر، لە سەروبەندی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج لە ساڵی ١٩٨٥و شەڕەکانی قەیوان- ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦داو لە هەلومەرجی پەرەسەندنی جەنگی کیمیاییدا. خودی نەخۆشخانەکە چەند جارێك بەفڕۆکەو بە تۆپو بە چەکی کیمیایی بۆردومان کراوە.

لە سەروبەندی تەشەنە سەندنی جەنگی کیمیاییدا لە کوردستان، دەزگای تەندروستیی کوردستان تیمی تایبەت بە چارەسەرکردنی برینداران چەکی کیمیایی پێك هێنا. کادیرەکانی ئەو تیمانە بەسەر مەفرەزەو بارەگاو گوندەکاندا گەڕان و کەوتنە شرۆڤەکردنی شێوەی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی، چەند خولێکیشیان لەم بارەیەوە لە شوێنی جیا جیا کردەوە.

لە قۆناغی پاش شاڵاوی ئەنفالەکاندا، دەزگای تەندروستیی کوردستان چالاکییەکانی گواستەوە بۆ سەر سنورو ناو ئێران و خزمەتێکی زۆری ئاوارەی کەمپەکانی کرد، هەرچەند لەو ماوەیەدا ژمارەی کادیرە پزیشکییەکانی زۆر کەمی کردبوو، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨- ١٩٩١ دەزگای تەندروستیی کوردستان بەپێی گۆڕانی شێوەی جموجوڵی مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگە لە بارودۆخێکی فرە دژواردا، لە گوندەکانی نۆکان و زەڵێ چەند خولێکی پزیشکیی بۆ مەفرەزە پارتیزانەکان کردەوەو پێشمەرگەکانی فێری فریاگوزارییە سەرەتاییەکان کردو ڕێنمایی پێویستی بۆ شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانە بریندارەکان دەرکرد، هەروەك سەرنجی بە لای ئەو ڕێوشوێنە پێویستانەشدا ڕاکێشا کە دەبێ لە هەلومەرجی تایبەتدا پیادە بکرێن لەوانە هەلومەرجی نەبونی پزیشك و دەرمانو شێوەی گواستنەوەی نەخۆشو بریندارەکان بۆ ماوەی دورو درێژو بە ڕێگاوبانی دژوارو مەترسیداردا.

لە کاتی دانانی نەخشەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ڕۆڵێکی گرنگ بۆ دەزگای تەندروستیی کوردستان دیاری کرا، ئەویش دابین کردنی پێداویستی و کادیری پزیشکی بوو بۆ قۆڵەکانی شەڕ، سەرباری سەرپەرشتی کردنی کاروباری تەندروستیی شارە رزگارکراوەکانو ڕێکخستنەوەی ئیشوکاری نەخۆشخانەکان. لەو قۆناغەدا کادیرەکانی دەزگای تەندروستیی کوردستان لە قاسمە رەشەوە کە یەکەم وێستگەی ڕاپەڕین بوو، تا کەرکوك کە دواترینی بوو، ڕۆڵێکی کاراو بەرچاویان لە ڕاپەڕاندنی کاروباری پزیشکیدا گێڕا.

پاش ڕاپەڕین، دەزگاکە دەستی بە دامەزراندنی بنکەی تەندروستی لە گوندەکانو دابین کردنی کادیری پزیشکیی پێویست بۆ ئەو بنکانە کرد، سەرباری کاراکردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی بنکە تەندروستییە کۆنەکان. بەشێکی زۆری ئەم کارە، بە هاوکاریی ڕێکخراوی میدکۆ ئینتەرناسیۆنالی ئەڵمانی بەڕێوە چووە.

کارکردن لە وڵاتێکی بێ دەرمانو خاپورکراوو دواکەوتوو لە ڕوی دامەزراوە تەندروستییەکانەوە، کارێکی ئێجگار سەختو دژوار بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، دەزگاکە لە ماوەی یەك ساڵدا موچەی بۆ کارمەندەکانی و دەرمان و کەرەستە پزیشکییەکانی بۆ بنکەو نەخۆشخانەکانی پەیدا کرد. قەوارەی چالاکیی ئەنجامدراوی دەزگاکە لەوەدا دەردەکەوێ کە ژمارەی کارمەندەکانی لەو ماوەیەدا گەیشتۆتە زیاتر لە ٤٠٠ پزیشك و کادیری پزیشکی.

پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، پێشنیار کرا کارمەندانی دەزگاکە بخرێنە سەر وەزارەتی تەندروستی و دەزگاکەش بە بەرەی کوردستانی بسپێردرێ. بەڵام وەزارەتی تەندروستی پێشنیارەکەی پەسند نەکرد. لە لایەکی ترەوە، بەرەی کوردستانی کە پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەروبەندی

هەڵوەشانەوەدا بوو، لە کۆبونەوەی خۆیدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەزگاکەی دا. هەڵوێستی نەرێنیی وەزارەتی تەندروستیو بەرەی کوردستانی بەرامبەر بە دەزگای تەندروستیی کوردستان، ڕۆڵێکی کارای لە هێشتنەوەی دەزگاکەدا هەبوو، چونکە دەزگاکە بە هەوڵ و کۆششو لەخۆبوردەیی لێپرسراوەکەی یوسف محەمەد عەزیز و کارمەندەکانی، تا ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی خۆی. ساڵی ١٩٩٦ لە سەروبەندی هێرشی هاوبەشی هێزەکانی گاردی کۆماری رژێمی عیراق و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر هەولێر، دەزگاکە لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، دەست بەسەر بارەگاو کەلوپەلەکانیدا گیرا، لێپرسراوەکەی دەستگیر کراو کارمەندەکانی راو نران.

## دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوە

دەزگایەکە ساڵی ١٩٨١ لە خڕی ناوزەنگ لەسەر پێشنیاری بورهان قانع دامەزراوە. مەبەست لە دامەزراندنی، کەم کردنەوەی قورسایی بوو لەسەر چاپخانەی برایم عەزۆ کە لەو ماوەیەدا جگە لە چاپکردنی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپکردنی بڵاوکراوەکانی لایەنەکانی تریشی لەسەر شان بوو. پێداویستییەکانی دەزگاکە کە بریتی بوون لە دوو تایپی ئای بی ئێم، یەك ڕۆنیۆ، یەك فۆتۆ ستێنسل، یەك کەتەری گەورەو یەك مەکینەی دەرزی، بورهان قانع هەمووی لە تاران کڕی و لە خڕی ناوزەنگ دانیان.

بورهان قانع بە لێپرسراوی دەزگاکە دانراو ستافی کارکردن لەم کادیرانە پێکهات: بەختیار مەلا عیززەت، گوشاد عەبدولڕەحمان، حەمید کافرۆشی، وەهبی ڕەفیق حەمە رەحیم، ئومێد حاجی تۆفیق، عەبدوڵڵا محەمەد، سەلاح پێنجوێنی، عەبدوڵڵا مەرزانی، ئەحمەد حەمە ئەمین.

پاش واز هێنانی بورهان قانع، لە کانونی دووەمی ١٩٨٢دا فەرید ئەسەسەرد بە لێپرسراوی دەزگاکە دانرا.

دەزگاکە تا ئەو کاتەی لە خڕی ناوزەنگ بوو، لە ساڵانی ١٩٨١و ١٩٨٢، توانی سیانزە کتێب و نامیلکە بە چاپ بگەیەنێ و لەم رووەوە وەك بەشێك لە دەزگای راگەیاندن کاری کردووە. چاپخانەی دەزگاکە ناو نرا چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید و لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆری بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان، یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان، کۆڕی نیشتمانیی عیراق، مەکتەبی کۆمەڵایەتی، دادگای شۆڕش و هەندێ بڵاوکراوەی کوردی تورکیا کە بە پیتی لاتینی تایپ کرابوون، لەوێ چاپ کران.

لە ئازاری ١٩٨٢ کۆتایی بە ڕاژەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە هێنراو چاپخانەکە درا بە کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر. فەرید ئەسەسەرد چاپخانەکەی بە هەموو کەلوپەلەکانەوە گەیاندە گوندی وەرتێ و رادەستی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێری کرد.

## دەزگای ڕۆشنبیریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

دەزگایەکە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری سەقز لە ئێران بۆ رایی کردنی کاروباری راگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ژێر سەرپەرشتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم پێك هات. ئەم دەزگایە چەند ئامێرێکی چاپی بۆ دابین کراو چەند کادیرێکی بۆ تەرخان کرا. بەرهەمەکانی لە ماوەی نێوان ١٩٨٨-١٩٩١ زۆر کەمن، بەڵام لەو ماوەیەدا توانیویەتی

یارمەتیی پێویست بۆ چاپ کردنی بڵاوکراوەکانی هەندێ لە ڕێکخراوە پیشەییەکانی وەك یەکێتیی نوسەران و یەکێتیی مافپەروەران دابین بکات.

## دەزگــای نـاوەنـدیـی ڕۆشـنـبیـریـی کۆمەڵە

دەزگایەکی ڕۆشنبیرییە بەپێی بڕیاری کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمـەڵەی ڕەنـجـدەرانـی کـوردسـتـان بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری ڕاگەیاندنی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٤ دامەزراو یەکەم بارەگای لە گوندی کانی توو لە ناوچەی مەرگە دانرا. دەزگاکە لە لێپرسراوێك و چوار ئەندامی دەزگا پێك هات کە ئەمانەن: ئازاد هەورامی وەک لێپرسراو، ڕێکەوت عوسمان مەجید، جەمال عەبدوڵڵا ڕۆستەم، پشکۆ نەجمەددین و خەسرەو خاڵ.

هاوینی ١٩٨٥ بە هۆی تۆپ بارانی بەردەوامی ناوچەکەوە، بارەگای دەزگاکە بۆ دۆڵی جافەتی گوێزرایەوەو هەوەڵ جار لەگوندی هەڵەدن گیرسایەوەو دواتر برایە گوندی چاڵاوا.

ساڵی ١٩٨٦ خەسرەو خاڵ کـرا بـە لێپرسراوی دەزگـاو هـەر یـەك لە مەحمود ڕەزا و ئەمین قادر مینە جێی جـەمـال عـەبـدوڵـڵا ڕۆسـتـەم و پشکۆ نەجمەددینیان گرتەوە کە وازیـان لە ئەندامەتیی دەزگاکە هێنا بوو. بە هۆی ئەوەی کە لەو ماوەیەدا ناوچەکە بە بـەردەوامـی تۆپباران دەکـرا، بڕیار درا دەزگاکە بگوێزرێتەوە بۆ دۆڵە کۆگە. لە ئەیلولدا کەلوپەل و ئامێرەکانی چاپی دەزگاکە پێچرانەوەو لە ئەشکەوتێکی نزیك گوندی ڕاگوێزراوی سەفرە دانران و لە مانگی تشرینی یەکەمدا گەیەنرانە شاری سەردەشت و لەوێوە گوێزرانەوە بۆ دۆڵە کۆگە. لەوێ ئەمین قادر مینە کرایە لێپرسراوی دەزگـاو یوسف شەریف وەك ئەندامێکی نوێی دەزگا دانرا.

سـەرەتـای پـایـزی ١٩٨٨ دەزگـاکـە پێچرایەوەو کەلوپەلەکانی لە گوندی کاوڵان دانران. لێرە بەدواوە، تا ئەو کاتەی کە کۆتایی بە ڕاژەی هێنرا، دەزگاکە هیچ چالاکییەکی نەبوو.

دەزگاکە ڕۆڵێکی کارای لە بڵاوکردنەوەو وەرگێڕانی ئەدەبیاتی مارکسیزمدا گێڕاو لە ماوەی نێوان ١٩٨٥-١٩٨٧ چـەردەیـەك نوسینی کـارل مـارکس، لینین، لیوو چاو چی، ڕادۆڤـان پاڤیچ و سۆکۆلۆڤسکی لە لایەن دەزگاکەوە کران بە کوردی و بڵاو کرانەوە، سـەربـاری ئـامـادەکـردنـی چـەنـد تـوێـژیـنـەوەیـەك بە پشت بەستن بە میتۆدی ماتریالیزمی مێژوویی و میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی. بەشی تەکنیکیی دەزگـا، ژمـارەیـەکی زۆر کـادیـری شـارەزای لەخۆ گرتبوو دیارترینیان ئـەم کادیرانە بـوون: سیامەند مامیر شاسواری، جەزا عەبدولواحید، حەمە ئەمین عەبدوڵڵا دەروێش (چالاك)، شەماڵ بەهجەت کابان، هیوا محەمەد ئەحمەد (هیوا چاوشین)، جەلیل حەمە موراد (کرمانج)و حەمە ڕەشید.

## دەسـتـەی دامـەزرێـنـەری یـەکـێـتـیی نیشتمانیی کوردستان

دەسـتـەیـەکـی حـەوت کـەسـیـیـە، سـاڵـی ١٩٧٥، پـاش هـەرەس هێنانی شـۆڕش بـە چەند مانگێك، لێپرسراوەتیی دامـەزرانـدنـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە ئەستۆ گرتووەو تا نیوەی دووەمـی ساڵی ١٩٧٧ بە سەرکردایەتیی دیفاکتۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دادەندرێ. دەستەی دامەزرێنەر لە ڕوی پێکهاتەوە، لە سێ ئاست پێکدێ:

ئاستی یەکەم دەستەی بەرایی دەگرێتەوە کە لە چوار ئەندام پێکدێ و دەشێ ئەم گروپە بە گروپی

سوریا ناو ببرێ چونکە ئەندامەکانی، واتە جەلال تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل موراد و عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا، لە سوریا پرۆژەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان تاوتوێ کردووەو لە ٢٢ی ئایاری ١٩٧٥دا یەکەم کۆپیی بەیاننامەی دامەزراندنی رێکخراوە تازەکەیان بڵاو کردۆتەوە.

بەڵام پرۆژەکە پێویستی بە هەڵسوڕاوی دیکە بوو. بۆیە هەر لە سەرەتاوە نیازی زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر هەبوو.

لە یەکەم سەردانی بۆ ئەوروپا پاش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تاڵەبانی پەیوەندیی بە کۆمەڵێك رۆشنبیرو سیاسەتمەداری دێرینی رەوەندی کوردەکانی ئەوروپاوە کردو مەسەلەی ئەو رێکخراوەی لەگەڵیان تاوتوێ کرد کە تازە دایمەزراندبوو. بەشێکی زۆریان چونە پاڵ تاڵەبانی و پشتگیریی بەرنامەی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پرۆژەی هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکداریان کرد. لەم سەردانەدا فراوان کردنی دەستەی دامەزرێنەر بە تین و تاوێکی زۆرەوە هاتە پێش و چانسێکی زۆرتری پەیدا کرد.

بەم پێیە، ئاستی دووەم دەستەی زیادکراو دەگرێتەوە کە دەشێ بە گروپی ئەوروپا ناو ببرێ چونکە هەموو ئەندامەکانی لە رەوەندی کوردی نیشتەجێی ئەوروپا بون. لە بەراییدا نەوشیروان مستەفا، دکتۆر کەمال فوئادو دکتۆر لەتیف جەمال رەشید کاندید کران، دواتر بە باش زانرا دکتۆر لەتیف جەمال رەشید ببێ بە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بریتانیاو دکتۆر عومەر شێخموس بچێتە جێی. بەم پێیە، دەستەکە لەسەر نەوشیروان مستەفا، دکتۆر کەمال فوئاد دکتۆر عومەر شێخموس گیرسایەوە.

ئاستی سێیەم ئەو کادیرە سەرکردەییانە دەگرێتەوە کە وەك ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە یاخود بە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر ژمێردراون لەوانە شەهاب شێخ نوری، جەعفەر عەبدولواحید، عومەر مستەفا، شاسوار جەلال و دکتۆر کەمال خۆشناو. ئاشکرایە کە نوێنەرانی ئاستی سێیەم، لە بەرەنجامی کردەییدا، بە بەراورد لەگەڵ نوێنەرانی ئاستی یەکەم و دووەمدا، رۆڵێکی یەکلاکەرەوەو بنەڕەتییان لە پرۆسەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا نەبوە.

لەم سۆنگەیەوە، مێژوی فەرمی، زۆرتر، جەخت دەکاتە سەر ئاستی یەکەم و دووەم. بەم پێیە، دەستەی دامەزرێنەر لە حەوت ئەندام پێکدێت کە ئەمانەن: تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل موراد، نەوشیروان مستەفا، دکتۆر کەمال فوئاد، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزاو دکتۆر عومەر شێخموس. دەستەی دامەزرێنەر بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی کەوتە یەکخستنی هەوڵ و کۆششی هەڵسوڕاوە سیاسییەکان لە چوارچێوەی یەك رێکخراوی فرە رەهەندا بە مەبەستی درێژەدان بە خەباتی سیاسی- چەکدارو کاراکردنەوەی رۆڵی کورد وەك فاکتەرێکی ئەکتیڤ لە سیاسەتی ناوچەکەدا.

بەهەموو پێوانەکان، هەوڵ و تەقەللاکانی دەستەی دامەزرێنەر بەکارێکی بوێرانەو مێرخاسانە دادەندرێن، چونکە دەستەکە لەماوەیەکی کەمداو بە شێوەیەکی ناچاوەڕوانکراوو بەمیتۆدێکی نائاسایی رێکخراوێکی نیمچە بەرەیی دروست کردو زۆر بە خێرایی پەرەی پێ دا. لە ماوەیەکی کورتدا دەستەی دامەزرێنەر دوو رێکخراوی ناو وڵاتی بەلای خۆیدا راکێشا، یەکێکیان کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەو ئەوی دیکە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەو هەردوکیانی کردە ئەندام لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەوڵیشی دا دەستەیەکی دامەزرێنەر لە ناوخۆی وڵات دابمەزرێنێ.

دەستەی دامەزرێنەر، پاش دایەلۆگێکی بنیاتنەر، لەشوباتی ١٩٧٦دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردە ئەندام لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق کە هاوپەیمانییەکی سیاسیی بەرهەڵستکاری عیراقی بوو و حکومەتی سوریا پشتگیریی دەکرد. ئەندامێتیی یەکێتی لەو هاوپەیمانییە ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند کە بەشێکی زۆری پێداویستییە لۆجستیکییەکانی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان دابین بکات، سەرباری ئەوەی کە ئەمە بووە مایەی ئەوەش کە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق بە تێڕوانینەکانی خۆیدا سەبارەت بە مەسەلەی کورد بچێتەوەو پرۆگرامی خۆی بە چەشنێك هەموار بکاتەوە کە گونجاوتر بێ لەگەڵ وەرگرتنی لایەنێکی کوردی بە ئەندام تێیدا. هەر بەپێی ئەو پلانەش کە دەستەی دامەزرێنەر داینا بوو، خەباتی چەکدار لە کوردستان دەستی پێ کردەوەو بنکەیەکیش لە ناو سوریا بۆ مەشق پێ کردنی یەکە چەکدارە پارتیزانەکان کرایەوە.

لە ئەیلولی ١٩٧٦ دا دەستەی دامەزرێنەر پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوێکی ناوخۆی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشنیار کرد. لەو دیکۆمێنتەدا دەستەی دامەزرێنەر بەمجۆرە باس کراوە کە «لەباتی ئۆرگانی ناوەندی (دامەزراوەی سەرکردایەتی) لێپرساوە لە رێکخستنی سیاسی و پێشمەرگەیی و دانانی پلان و سیاسەتی گشتیی یەکێتی و دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو بڵاوکراوەی ناوەندی». واش دانرا بوو کە کۆنگرەلە کاتێکی گونجاودا ببەسترێ و سەرکردایەتییەك لە نوێنەرانی هەموو لایەنە پێکهێنەرەکان هەڵبژێردرێ. بەڵام لەبەر بارودۆخی نالەباری ئەو قۆناغە، چانسێکی گونجاو بۆ بەستنی کۆنگرە هەڵنەکەوت.

تەمەنی دەستەی دامەزرێنەر نزیکەی ٢٧ مانگ بوو کە لە حوزەیرانی ١٩٧٥وە دەست پێدەکاو لە ئەیلولی ١٩٧٧ کۆتایی دێت.

ساڵی ١٩٧٧ لە یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو وڵات کە لە ناوچەی برادۆست بەسترا، لەدەستەی دامەزرێنەر تاڵەبانی بە شێوەیەکی فەرمی بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردراو هەموو ئەندامەکانی تری دەستەی دامەزرێنەر، نەوشیروان مستەفای لێ دەرچێ کە خۆی لەسەر کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ساغ کردەوە، بە نوێنەری هێڵی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆمیتەی سەرکردایەتی دانران. بەڵام یەکەم پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی هیچ ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری تێدا نەبوو.

تا پێش کۆبونەوەکەی برادۆست، دەستەی دامەزرێنەر وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆی سەرەکی کاری دەکرد بەڵام کۆبونەوەکەی برادۆست کۆتایی بەوە هێنا کە دەستەی دامەزرێنەر وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆی سەرەکی هەڵسوکەوت بکاو لە ساڵانی دواتردا ئەندامەکانی بەسەر کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا دابەش بون.

## دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو وڵات

دەستەواژەیەکە لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لەسەر ئاستێکی بەرتەسک بەکار هێنراوە، ئاماژەیە بۆ دەستەیەك لە ناو وڵات بۆ رایی کردنی کاروباری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە سەرەتای دامەزرانیدا هیچ رێکخستنێکی لە ناو وڵاتدا نەبوو. بیرۆکەکە زۆرتر لەوەوە هاتبوو کە پێویستە دەستەی دامەزرێنەر بە چەشنێك فراوان بکرێ کە کادیرەکانی ناو وڵات بگرێتەوە، لەو تێڕوانینەوە کە ستافە حەوت کەسییە بەراییەکەی دەستەی دامەزرێنەر، هەموو ئەندامەکانی لە دەرەوەی وڵات بون.



جەماهیری زۆرلێکراوی کوردستان یەکگرن،
هێزە پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕەکانی عیراق هەموو یەکگرن

بەیاننامەی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بیرۆکەی پێکهێنانی دەستەی دامەزرێنەری ناو وڵات لە بنەڕەتدا بیرۆکەی تاڵەبانی بوو. تاڵەبانی، پاش وەرگرتنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە ئەندام لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەو چەشنە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەر یەك لە شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید کرد کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن لە ناو وڵات.

دواتریش، کاتێك تاڵەبانی و عومەر مستەفا لەدیمەشق کەوتنە وتوویژ بۆ ڕێکخستنی ئەندامەتیی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تاڵەبانی عومەر مستەفای بە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناو وڵات دانا.

دەستەی دامەزرێنەری ناو وڵات ئەوەندەی کە لە «بیرۆکە» وە نزیك بوو، ئەوەندە لە «دامەزراوە» وە نزیك نەبوو. بەپێچەوانەی ئەو دەستە دامەزرێنەرەی کە لە دەرەوەی وڵات وەك دامەزراوەیەکی ئەکتیف بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی کاری دەکرد، دەستەی دامەزرێنەری ناو وڵات وەک سێبەری دەستەی دامەزرێنەری دەرەوە وابوو.

پاش شاڵاوی گرتن و ڕاوەدونانی کادیرەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ساڵی ١٩٧٥ و ڕاکردنی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ ئێران، شاسوار جەلال بۆشایی سەرکردایەتیی پڕ کردەوەو لە ڕوی تیۆرییەوە ئەرکەکانی دەستەی دامەزرێنەری ناو وڵاتی لە ئەستۆ گرت. بەڵام لە سەردەمی ئەویش دەستەکە کارا نەبوو. تاکە کاری دەستەی دامەزرێنەری ناو وڵات دەرکردنی بەیاننامەیەك بوو لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ سەرزەنشت کردنی سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی ڕژێمی بەعس دژی گەلی کورد. ئەم بەیاننامەیەی لێ دەرچێ، دەستەی دامەزرێنەر هیچ بەیاننامەیەکی دیکەی دەرنەکردووە.

بەیاننامەکە لە دوو لاپەڕەی فولسکاب و لە دەوروبەری ٩٠٠ وشە پێکدێ و بە دروشمی «جەماهیری زۆرلێکراوی کوردستان یەکگرن، هێزە پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕەکانی عیراق هەموو یەکگرن» دەست پێ دەکا. بە تایپی دەستی تایپ کراوە. نەزانراوە چەندی لێ چاپ کراوە. نوسەرەکەی شاسوار جەلالەو بە زمانێکی کوردیی جوان نوسراوە. دانەیەکی بەیاننامەکە بۆ سوریا نێردراوەو لەوێ گەیشتۆتە لای دەستەی دامەزرێنەر. دکتۆر فوئاد مەعسوم بەیاننامەکەی کردووە بە عەرەبی و لە ژمارە ٥ی ڕۆژنامەی «شەرارە» کە لە کانونی یەکەمی ١٩٧٦ دەرچووە، بڵاوکراوەتەوە.

بەیاننامەکە گوزارشتە لە بیرو بۆچونەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی خۆ ئامادەکردن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو لەم سەروبەندەدا لە بەراییدا سیاسەتی ڕژێمی بەعس دژ بە گەلی کورد

ریسوا دەکات، بە گژ سیاسەتی «تواندنەوە» و «بە عەرەب کردن» دا دەچێ، ئۆتۆنۆمیی ڕاگەیەندراو بە «ساختە» ناو دەباو پێی وایە ڕژێمی بەعس، بەتایبەتی پاش ڕێککەوتننامەی جەزایری نێوان عیراق و ئێران، خۆی هاویشتۆتە باوەشی ڕژێمی شای ئێران و چۆتە بەرەی ئیمپریالیزمەوە.

بەیاننامەکە بە ورەیەکی بەرزەوە گیانی بەرگری و شۆڕشگێڕانەی کورد هەڵدەسەنگێنێ و باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە هەوڵی ڕژێمی بەعس بۆ لەناوبردنی کورد «خەیاڵێکی زڕو خاوە» و سەردەمەکە بە «سەردەمی ڕزگاریی تەواوی گەلان» ناو دەباو وای دەنوێنێ کە ڕژێمی بەعس وا خۆی پیشان دەدا کە «بەسەر گەلی کورددا زاڵ بووە» بەڵام ڕژێم لەم بۆچونەیدا «بە هەڵەیەکی گەورەدا چووە» چونکە شکستی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ «بەڵگەی بێهێزی و بێهودەیی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان نەبوە»و لەم سەروبەندەدا شۆڕشگێڕەکان چۆکیان دانەداوەو « گەلی کورد نەشکاوەو هەرگیز ناشکێت».

بەیاننامەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی «شێوە بەرەیی نیشتمانیی دیموکراتی» دەناسێنێ. بانگەشە بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆری و هێنانە دیی سیستمی دیموکراتی، یەکێ لە دیارترین داخوازییەکانی بەیاننامەکەیە.

بەیاننامەکە هاوسۆزییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵ خەباتی فەلەستینییەکان دەربڕیوەو لەم سەروبەندەدا ئاماژەی بۆ لێکچونی ڕەفتاری بەعسییەکان بەرامبەر بە کوردو ڕەفتاری زایۆنیستەکان بەرامبەر بە فەلەستینییەکان کردووەو نیشانی داوە کە ڕەفتاری ڕژێمی بەعس «هیچ جیاوازییەکی لە سیاسەتی زایۆنیستەکان بەرامبەر بە گەلی فەلەستین نیە». لە بەیاننامەکەدا سێ جار ئاماژە بۆ جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی فەلەستین کراوە، پێنج جاریش زایۆنیزم شەرمەزارو سەرزەنشت کراوە.

بەیاننامەکە سیاسەتی ڕژێمی بەعس بە سیاسەتێکی دیماگۆگی دادەنێ و گاڵتە بە دروشمە سۆشیالیستییەکانی دەکات و پێی وایە «هەر لایەکی نیشتمانی» خۆی لە سروشتی دیکتاتۆرییانەی ڕژێمی بەعس گێل بکات «خۆی لە واقیع دور دەخاتەوەو پشت دەکاتە خواست و ئامانجەکانی گەل». لەم پەرەگرافەدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بە پارتی کۆمۆنیستی عیراق کراوە کە لەو کاتەدا هاوپەیمانیی ڕژێمی بەعس بووەو بەرەیەکی سیاسیی لەگەڵدا دروست کردبوو. بەڵام سەرەڕای بونی هاوپەیمانی لە نێوان حزبی بەعس و پارتی کۆمۆنیستی عیراق، بەیاننامەکە، زۆر بە وردی، حزبی بەعس لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق جیا دەکاتەوە، پارتی کۆمۆنیست بە لایەنێکی «نیشتمانی» دادەنێ بەڵام ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرێ کە لە سەنگەربەندییە سیاسییەکاندا لە سەنگەرێکی چەوتدایە.

بەیاننامەکە لە کۆتا پەرەگرافەکاندا داوای یەکگرتن و یەکڕیزی لە کۆمەڵانی خەڵکی دەکاو هانیان دەدا «هۆشیار» بن و «جارێکی تر نەکەونە داوی کۆنەپەرستان و دوژمنانی گەلەوە» و باوەڕ بە «درۆو دەلەسەی ئیمپریالیزم و نۆکەرانیان» نەکەن.

لە ڕوی داڕشتنەوە بەیاننامەکە بە زمانێکی سادە نوسراوە بە جۆرێك کە پەیامەکان زۆر بە باشی ئامانجەکانیان پێکاوە. لە ناواخندا هەندێ دەستەواژە بەکار هاتوون کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا پێشتر بەکار نەهێنراون یاخود زۆر بەدەگمەن بەکار هێنراون لەوانە دەستەواژەی «تیرۆر» و «سیستم» بەڵام بەکارهێنانی دەستەواژەی «جینۆساید»ی تێدا بەدی ناکرێ چونکە ئەم دەستەواژەیە لەو سەردەمەدا هێشتا نەچوو بووە ناو ڕۆشنبیریی کوردییەوە، بۆیە بەیاننامەکە لەجیاتی «جینۆساید» دەستەواژەی «لەناوبردن»ی بەکار هێناوە.

**2**

# ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**چاپی چوارەم**
**بەرگی دووەم (د - ک)**

**فەرید ئەسەسەرد**

**سەرپەرشتیاری گشتی و سەرۆکی**
**دەستەی کارا**

**کەیوان سەعید**

**سکرتێری نوسین**

**ئەندامانی دەستەی کارا**

| | |
|---|---|
| ئاوات کۆکەیی | نەوزاد عەلی ئەحمەد |
| خالید هەرکی | سەلاح رەنجدەر |
| رەنج جەعفەر مستەفا | سامی قادر ئەحمەد |

**لێپرسراوانی بەشی تەکنیکی**

توانا عومەر عەلی
گۆنا عەبدوڵڵا مامەند
حسێن محەمەد ئەحمەد
ئەکبەر حەسەن مارف

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

موزەفەر عەبدولوەهاب

**کادیرەکانی بەشی تەکنیکی**

ڕێبین محەمەد عەلی
سوهامە عەبدولوەهاب
بەکر مەحمود
کەمال حامد
تافان بەختیار عەبدوڵڵا
ژوان عەبدوڵڵا مامەند
سوهەیلە عەبدولوەهاب

**ئیندێکس**

تەلار فەرید

چاپی یەکەم **٢٠١٣**
چاپی دووەم **٢٠١٤**
چاپی سێیەم **٢٠١٦**
چاپی چوارەم **٢٠٢١**

**ژمارە ١٧١٨ی ساڵی ٢٠٢٠ی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان پێ دراوە**
**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری**
**سلێمانی ٢٠٢١**

## پاشکۆ
## بەیاننامەی دەستەی دامەزرێنەری ناو وڵات

جەماهیری تێکۆشەری کوردستان
گەلی نەبەزی عیراق

سیاسەتی تواندنەوەی کوردو بەعەرەبکردنی کە سوڵتەی دیکتاتۆری شۆڤێنیی بەعس بەرامبەر گەلەکەمان پەیڕەوی دەکات، شتێك نییە لە ژێر پەردەی رزیوی «چارەسەری ئاشتییانەو دیموکراتییانەی مەسەلەی کورد» و ئۆتۆنۆمیی ساختەدا بشاردرێتەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی سوڵتە بێ شەرمانە هەزاران خێزانی کوردی بۆ خواروی عیراق کۆچ پێ کرد، سەدان دێی کوردستانی چۆڵ کرد و بە عەرەب پڕی کردنەوەو ساکارترین مافی نەتەوەیی و دیموکراتیی گەلی کوردستانی پێشێل کرد، هەروەك چۆن سیاسەتی دیکتاتۆرییانەی بەعس و زەوت کردنی تەواوی مافە دیموکراتییەکانی گەلی عیراق و برسێتی و چەوسانەوەی زەحمەتکێشان لە تەمومژی پڕوپاگەندەی دیماگۆگییانەو دروشمی ساختەی «هەنگاوە پێشکەوتوو و سۆشیالیستیەکان»دا ون ناکرێت و ئاشکرایە.

سوڵتەی دیکتاتۆریی شۆڤێنی بۆ ئەوەی پیلانەکانی لە کوردستان جێبەجێ بکات و ئامادە بێت بۆ کپکردنەوەی توڕەیی و نارەزایی خەڵکی کوردستان کە رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن و هەڵچوندایە، کوردستانی بە هێزە چەکدارەکانی و تازەترین تفاقی جەنگی و بەکرێگیراوان تەنیوەو بەردەوام خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگێکی نوێ و تەنانەت دەستیشی بە هێرش بردنە سەر زۆر شوێنی کوردستان کردووەو بە هۆی ئەم سیاسەتەو کردەوەی دوژمنانەی ئەم رژێمەوە، هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەل رێگای خەباتی چەکدارانەی درێژخایەنیان گرتۆتە بەر، وەك تاکە رێگەی شیاوو کاریگەرو رەوا بۆ دیفاع کردن لە مافی گەلەکەمان و بەدی هێنانی مافە رەواکانی. سوڵتە راستەوخۆ لێپرسراوی ئەم وەزعەی کوردستانە کە بەرەو تەقینەوەیەکی فراوانی دەبات و دەبێ ئۆباڵ و ئەنجامەکانیشی بگرێتە ئەستۆ. هەوڵدان بۆ لەناوبردنی گەلێك، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی رزگاریی تەواوی گەلان و هەرەس هێنانی پەیرەوی کۆلۆنیالی و ئیمپریالییە، خەیاڵێکی زڕو خاوەو نەك سوڵتەی لەرزۆکی بەعس بەڵکو بۆ هیچ هێزێك نایەتە دی و هیچ هێزێك ناتوانێت رێڕەوی مێژوو بگۆڕێت. سوڵتەی بەعس ئەگەر دەیەوێت وا خۆی پیشان بدات کە بەسەر گەلی کورددا زاڵ بووەو بزوتنەوەکەی شکاندووە، بێگومان بە هەڵەیەکی گەورەدا چووە. ئەو هەرەس هێنانەی مارتی ١٩٧٥ بەڵگەی بێهزی و بێهودەیی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان نەبوە بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە:

یەکەم، ئەم جۆرە سوڵتە دوژمن بە گەلە هەرگیز مەسەلەی نەتەوەیی و دیموکراتیی وڵاتیان بۆ چارەسەر ناکرێت و لە ترسی هەڵچونی شۆڕشگێڕانەی گەل خۆیان دەهاوێژنە باوەشی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکانی، بەو جۆرەی کە بەعس خۆی هاوێشتە باوەشی رژێمی ئێرانەوەو لەپێناوی رێککەوتنەکەی جەزایردا شەتولعەرەب و خاکێکی زۆری نیشتمانی عیراقی پێ فرۆشت.

دووەم، بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتیی گەلان هەرگیز ناشێ لەلایەن سەرکردایەتییەکی کۆنەپەرست و دوژمن بە رێبازی پێشکەوتووانە بەڕێوە ببرێت.

گەلی کورد نەشکاوەو هەرگیز ناشکێت. ئێستا لە هەموو کاتێکی پێشان بەهێزترو هۆشیارترو یەکگرتووترەو خاوەنی تاقیکردنەوەی بەنرخ و گرنگە، راستیی بۆ دەرکەوتووەو رێبازی خەباتی روناکە، نە

بە هێزی پڕچەکی تازە بابەتی دوژمن ورە بەر دەدات و سەر دادەنەوێنێ، نە بە پرۆپاگەندەی هیچ لایەك هەڵدەخەڵەتێ و ڕێگای چەوت دەگرێت. بە بڕوایەکی پۆڵایین بە مەسەلە ڕەواکەی و پشت بە هێزو تواناو وزەی خۆی ئەمجا بە پشتگیریی گەلان و هێزە ئازادیخوازەکانی جیهان، دلێرانە بەرگری لە مافە دیموکراتی و مرۆڤایەتییە ڕەواکانی دەکات.

جەماهیری شۆڕشگێڕی کوردستان

لەبەر رووناکیی ئەو تاقیکردنەوە گرنگانەی کە گەلەکەمان لە ساڵانی پێشوی خەباتی سەختیدا دەستگیری بووەو بەپێی پێویستییەکانی ئەم قۆناغەی بزوتنەوەی گەلەکەمان و تایبەتێتیی باری ئێستای بزوتنەوەکەمان و بۆ ئەوەی هەڵە کوشندەکانی پێشان دوبارە نەبنەوەو رێبازی راست و گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆکی بزوتنەوەکەو خەباتی گەلەکەمان بەردەوام بێت و لە پاش هەرەس هێنانەکەی مارتی ١٩٧٥ بەرەو سەرکەوتن بڕوات، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاتە مەیدانی تێکۆشانەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنی هێزە نیشتمانی و دیموکراتە شۆڕشگێڕو پێشکەوتووەکان لە چوارچێوەی شێوە بەرەیەکی نیشتمانیی دیموکراتیدا بە جۆرێك کە هەموو هێزو پێلە پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەرەکان خەباتیان بە توندوتۆڵی یەکخەن. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێك نیە بەڵکو لەپێناوی یەکگرتنی هێزە نیشتمانییەکان و بۆ لەناوبردنی دەستەگەری و دوبەرەکیدا دروست بووەو ئەو هێزانەی تا ئێستا لە چوارچێوەیدا کۆبونەتەوە، لەسەر ئەو بنچینەیە یەکیان گرتۆتەوە کە خەبات بکەن لەسەر رێبازێکی پێشکەوتووانەی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، شان بە شانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری عیراق لەپێناوی عیراقێکی دیموکراتیدا کە لە چوارچێوەیدا کوردستان بە ئۆتۆنۆمیی راستەقینە شاد ببێت.

گەلی نەبەزی عیراق

ئەو سیاسەتە چەوتە دوژمنانەیەی سوڵتەی دیکتاتۆریی بەعس لە کوردستان بەتایبەتی و لە هەموو عیراق بە گشتی پەیڕەویی دەکات، ئەو شەڕە براکوژییەی کە وا دەستی بە هەڵگیرساندنەوەی کردۆتەوە، هیچ خزمەتێکی گەلی عیراق ناکات بەڵکو زیانێکی گەورەی پێ دەبەخشێ، بگرە زیانێکی گەورە بە خەباتی هەموو گەلانی عەرەب و خەبات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دەگەیەنێ، بەتایبەتی خەباتی گەلی قارەمانی فەلەستین کە روبەڕوی ئیسرائیل و پیلانەکانی ئیمپریالیزم وەستاوە. ئەرکی سەر شانی سوپای عیراق کوشتن و بڕینی گەلی کوردو وێران کردنی کوردستان نیە، بەڵکو بەرگرییە لە خاکی نیشتمان و ڕاماڵینی ئەو تاقمە خوێنڕێژەیە کە سەودا بە خاکی نیشتمانەکەیەوە دەکاو سامانی وڵاتەکەی لە وێرانکاری و پیلانگێڕی و بەڕێوەبردنی دەزگاکانی تیرۆرو چەوساندنەوەی بیری ئازادو پیاوکوژیدا بەکار دەهێنێ.

بەرژەوەندیی عیراق لەوە دایە کە لە ژێر سایەی سیستمێکی دیموکراتییانەو پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕدا دور لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی بحەسێتەوە کە سامانی وڵات بۆ پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی بخاتە کارو بە شێوەیەکی راست و کاریگەرانە بەشداری خەباتی رەوای گەلانی ناوچەکە ببێت دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، بەتایبەتی هی گەلی زۆرلێکراوی فەلەستین.

تەنیا بەم جۆرە، عیراق دەتوانێت دەوری کاریگەرانەی خۆی لە بزوتنەوەی گەلانی دنیا ببینێت، نەك بە دروشمە ساختەکانی رژێمی

بەعس کە نابێت هیچ لایەکی نیشتمانی پێی هەڵبخەڵەتێ. سیاسەتی لەناوبردنی گەلی کوردو داگیرکردنی خاکی کوردستان و دەربەدەرکردنی دانیشتوانی، کە هیچ جیاوازییەکی لە سیاسەتی زایۆنیستەکان بەرامبەر گەلی فەلەستین نیە، تەنها خزمەتی دوژمنانی گەل دەکات و هەر لایەکی نیشتمانی خۆی لەم سیاسەتەو سیاسەتی پیاوکوژی و نادیموکراتییانەی رژێمی بەعس گێل بکات، بێگومان خۆی لە واقیع دور دەخاتەوەو پشت دەکاتە خواست و ئامانجەکانی گەل و بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی و بەرژەوەندیی بەرەی دژ بە کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمی جیهانی. تێکۆشان لەپێناوی عیراقێکی دیموکراتی پێشکەوتوودا کە کوردستان لە چوارچێوەیدا ئۆتۆنۆمیی راستەقینەی دەستگیر بێت، ئەرکی سەر شانی هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووەکانە، ئەرکی هەموو ئەوانەیە کە بەتەنگ سەربەخۆیی و پێشکەوتنی عیراقەوەن و سەرکەوتنی بەرەی گەلانی جیهانیان دەوێت و دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستین.

جەماهیری زۆرلێکراوی گەلی کوردستان یەکگرن، تێ بکۆشن و ئەوپەڕی تواناکان لەپێناوی سەرخستنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە نوێکەتاندا بخەنە کار، هۆشیار بن و جارێکی تر نەکەونە داوی کۆنەپەرستان و دوژمنانی گەلەوە، جارێکی کە بڕوا بە درۆو دەلەسەی ئیمپریالیزم و نۆکەرانیان نەکەن. بژی خەباتی یەکگرتوی هەموو گەلانی عیراق بە کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشورییەوە لەپێناوی عیراقێکی دیموکرات و کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمیدا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

دەستەی دامەزرێنەر/ وڵات

١٩٧٦/٦/١

## دەشتێو (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە گوندی دەشتێو لە ناوچەی پشدەر لە ٨ی ئازاری ١٩٧٨دا. ئەو هێزەی پێشمەرگە بە فەرماندەیی سەعدی عەزیز و سەید کاکە بە ڕێگاوە بوو بەرەو گوندی نۆکان بۆ بەشداری کردن لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

هێزەکە کە لە ٤٢ پێشمەرگە پێکهاتبوو دەمەوبەیانی کەوتە بۆسەیەکی گەورەی سوپای عیراقەوەو شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا. ژمارەیەکی زۆر هەلیکۆپتەری جەنگی لە دژی پێشمەرگە خرانە گەڕ. پێشمەرگەکان زیانێکی زۆریان لە هێزەکەی سوپای عیراق دا کە بەمجۆرە بوو: کوژرانی زیاتر لە ١٦٠ سەرباز، برینداربونی زیاتر لە ٢٥٠ سەربازو پێکرانی هەشت هەلیکۆپتەر، لەوانە دوو دانە لە مەیدانی شەڕ کەوتنە خوارەوەو چەندین زیل و زرێپۆش تێك شکێنران.

لەم شەڕەدا سەعدی عەزیز ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆشیالیست و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو فاروق سدیق کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و رابەری سیاسیی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو ١٠ پێشمەرگە شەهید بون. پێشمەرگە شەهیدەکان ئەمانەن: فەرخ قادر، فەریق هەمزە، جەبار ئیسماعیل، عوسمان باوە، ئەحمەد محەمەد ئەمین، سامی عوبێد، سەباح جەمیل، شاهین عیززەددین، ئەحمەد محەمەد و تاهیر محەمەد عەلی کە زۆربەیان خەڵکی پارێزگای هەولێرن. هەروەها پێنج پێشمەرگە بە برینداری بەدیل گیران کە ئەمانەن: جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد، حسێن عەبدولڕەحمان، جەواد

کەریم، کەماڵ واحید و عەزیز باپیر کە هەموویان خەڵکی سنوری کۆیەن، لەوانە چواری یەکەمیان لە ٢١ی حوزەیراندا لە بەندیخانەی موسڵ لەسێدارە دران و پێنجەم کە عەزیز باپیرە، لەبەر بچوکیی تەمەنی، لەسێدارە نەدراو پاش ماوەیەك بەر لێبوردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا.

ئیسماعیل نعێمی فەرماندەی لەشکری یەکی سوپای عیراق، خودی خۆی بە شێوەیەکی مەیدانی سەرپەرشتیی شەڕەکەی کردووە. لە کاتێکدا کە شەڕەکە بەڕێوە دەچوو، خۆی و پارێزگاری سلێمانی ئەرشەد زێباری و فەرمانەدەی تیپی موسڵ حازم بەرهاوی و فەرماندەی تیپی دووی سلێمانی لوتفی دەبباغ لە دورەوە چاودێریی شەڕەکەیان دەکرد. نعێمی لە کتێبەکەیدا «ئەزمونی فەرماندەییم» بە دورو درێژی باسی ئەم شەڕەی کردووە.

## پاشکۆی ژمارە ١
## لە یادی شەڕی دەشتێو و شەهیدبونی سەرکردە سەعدی عەزیز و هاوڕێکانیدا
## نوسینی: قادر عەزیز

ڕۆژی ٨ی ئازاری ٢٠١٧، سی و نۆ ساڵ بەسەر شەڕی دەشتێو کە دواتر بە هۆی گرنگیی شەڕەکەوە بە داستانی دەشتێو ناوی دەرکرد، تێدەپەڕێت.

داستانی دەشتێو بە پێی سەنگی هێزو ئەو زەرەرو زیانە زۆرەی کە لەو شەڕە بەر دوژمن کەوت، بە یەکێ لە شەڕو داستانە هەرە گەورەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ئەژمار دەکرێت. شەڕی دەشتێو کاتێك روویدا کە کاك سەعدی بە یاوەریی سەید کاکە فەرماندەی هەرێمی خۆشناوەتی و ژمارەیەك لە کادیرو پێشمەرگەکانی هەردوو هەرێمی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی کە ژمارەیان ٤٢ کەس بوو بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆبوونەوەی فراوانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەرەو نێوزەنگ و نۆکان (بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕش) بەڕێوە بوون. شەڕی دەشتێو کە بە هۆی پلانی پێشوەختی سوپای رژێم و نەشارەزایی هێزەکەی پێشمەرگە لە هەر چوار لاوە گەمارۆ درابوو، لە لایەن ئیسماعیل نعێمیی فەرماندەی فیرقەی یەکی سوپای عیراق سەرپەرشتی دەکرا. لەو شەڕەدا کە لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە تا درەنگانی ئێوارەی خایاند، زیانی دوژمن بریتی بوو لە کوژرانی ١٦٠ سەربازو ئەفسەرو بریندابوونی ٢٥٠ی ترو پێکانی ٨ هەلیکۆپتەرو کەوتنە خوارەوەی ٢ دانە لە مەیدانی شەڕەکەدا ، بە داخەوە ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بە شەهیدبوونی کاك سەعدی خۆی و ١٦ کادیرو پێشمەرگەی قارەمان نوسرایەوە کە دوانزەیان لە مەیدانی شەڕەکە شەهید بوون و ٤یشیان دوای برینداری و بەدیل گیران دواتر لەسێدارە دران.

گرنگیی شەڕی دەشتێو لەوەدا بوو کە ئیسماعیل نعێمی دوای شەڕەکە کتێبێکی بە ناوی «ئەزمونی فەرماندەییم» نوسیوەو لە ڕیزەکانی سوپا بڵاوی کردۆتەوەو تێیدا هۆشداری دەداتە سوپا کە شەڕی پێشمەرگە قۆناغی پارتیزانیی تێپەڕاندووەو چۆتە قۆناغی شەڕی گەڕۆك کە ئەمەش لەمەودوا کێشەیەکی زۆر بۆ سوپای عیراق دروست دەکا و ڕووبەڕووبونەوەی پێشمەرگایەتی دژوار دەکات.

**کورتەیەك لە ژیاننامەی شەهید سەعدی گچکەی نەمر:**

شەهید سەعدی عەزیز، ناسراو بە سەعدی گچکە، ساڵی ١٩٤٦ لە دێی سێبیرانی نزیك قوشتەپە لە بنەماڵەیەکی هەژارو نیشتمانپەروەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

هەر لە منداڵییەوە وریا و بزێو و چاونەترس بووە. بە هۆی دەستکورتییەوە و بۆ پەیداکردنی بژێویی خێزانەکەی هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە وازی لە خوێندن هێناوە. هەر لە سەرەتای لاوێتیدا هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کردووەو بیری شۆڕشی کوردایەتی لە مێشکیدا خەملیوە.

ساڵی ١٩٦٣ ریزی سوپای عیراقی بەجێ هێشتووەو پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە، سەرەتا لە ناوچەی دەشتی کۆیە و دوای ئەوەش چەمی رێزان و پاشان لە ناوچەی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی درێژەی بە کاری پێشمەرگایەتی داوە. بەهۆی ئازایەتی و لێهاتوویی لە شەڕو نەبەردییەکاندا هەر زوو پلەی سەرپەل و پاشان سەرلق و دواجاریش فەرماندەی بەتالیۆنی بەدەستهێناوە.

لە زۆربەی شەڕەکانی دەشتی هەولێر، خۆشناوەتی، کۆیە و باڵەکایەتی بەشداریی دیارو کاریگەری هەبووە. ساڵی ١٩٧٤ یەکێك لە فەرماندە مەیدانییەکانی شەڕەکانی ماکۆك بووە، دوای ٣ مانگ لە بەرگریکردنی بەردەوام بریندار بووە.

هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٤ ورەی پێ بەرنەداوە بەڵکو هەر زوو خولیای دروستکردنەوەی مقاوەمەت و تێهەڵچونەوە بووە. بۆ ئەو مەبەستەش، هەر لە مانگەکانی هەوەڵی دوای هەرەس لە مهابادو ورمێ لەگەڵ ژمارەیەك لە کادیرو سەرکردە تێکۆشەرەکانی شۆڕشی ئەیلول لە مشوری دروستکردنی رێکخراوێکی تازەدا بووەو بۆ ئەو مەبەستەش هەموو لایەکیان گەڕاونەتەوە عیراق و دواتر لە بەغدا رێکخراوێکیان بە ناوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دامەزراندووە.

دوای دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە چەند مانگێك لەسەر راسپاردەی مام جەلال و بە هەماهەنگیی هاوبەشی یەکێتی و بزوتنەوەو کۆمەڵە بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، لە رۆژی ٨ی ئابی ١٩٧٦ لەگەڵ تێکۆشەران عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا، خالید سەعید، تاهیر عەلی والی بەگ، یاسین قادر، سەید کاکە، قادر عەزیز، جەعفەر ئەسوەد و چەندین کادیرو پێشمەرگەی تری بزوتنەوە گەیشتوونەتە چیاکانی کوردستان و دەستیان بە دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی پارتیزانی کردووە. لە دوای چەند مانگێك لە هاتنە دەرەوەی، بووە بە فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو سەرکردایەتیی یەکەم مەفرەزەی پارتیزانیی لە ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر کردووە و یەکەم چالاکیی پێشمەرگانەشی لە ٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٧ لە جادەی نێوان بەستۆڕەو مەلا ئۆمەر بووە کە بووە هۆی کوشتنی بەڕێوەبەری ئەمنی پیرمام سابیر زێدان و پاسەوانەکانی. هەر لەو چالاکییەشدا بریندار بووە.

شەهید سەعدی یەکێك بووە لە سەرکردە هەرە ئازاو شارەزاکانی شەڕی پارتیزانی و لە ماوەی ساڵێك و حەوت مانگدا لە دەستپێکی هەڵگیرساندنی شۆڕشدا، سەرکردایەتیی چەندین شەڕی قارەمانانەی دژ بە رژێمی رەگەزپەرستی بەغدا کردووە، لە ناویاندا شەڕەکانی خانزاد، هەورێ، سەفین، دیدەوان، حاجی قەلا. لە شەڕی حەسەن موترب و بناری دێدەوانیش جارێکی تر بریندار بووە.

شەهید سەعدی لە رێگەی چوونی بۆ سەرکردایەتی، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆبوونەوەی فراوانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لە رۆژی ٨ی ئازاری ١٩٧٨ لە دیارترین و بەناوبانگترین شەڕی دەستەویەخە کە بە شەڕی دەشتێو ناسراوە، لە

ناوچەی قەڵادزێ لە تەك یانزە كادیرو پێشمەرگەی تردا شەهید بووە. بە شەهیدبوونی زەرەرو زیانێكی گەورە لە شۆڕش كەوت.

شەهید سەعدی لە دوای خۆی ژنێك و چوار منداڵی بەناوەكانی هێرش، هێمن، ماكۆك، لەنجە بەجێهێشتووە.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاكی شەهیدی سەركردە سەعدی گچكەو هاوڕێكانی.

**شەهیدانی شەڕی دەشتێو:**

١-سەعدی عەزیز ئەندامی سەركردایەتیی بزوتنەوەو ئەندامی كۆمیتەی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر.

٢-فاروق سدیق ئەندامی پێشكەوتووی كۆمەڵەو رابەری سیاسیی هەرێم (هەولێر- گوندی قوشاغلو).

٣-فەرخ قادر، پێشمەرگە (هەولێر- قەراج).

٤-فەریق هەمزە، پێشمەرگە (كەركوك-ساڵەیی).

٥-شاهین عیززەددین، پێشمەرگە (پردێ).

٦-تاهیر محەمەد عەلی، پێشمەرگە (هەولێر- قەراج).

٧-جەبار ئیسماعیل، پێشمەرگە (هەولێر).

٨-عوسمان باوە، پێشمەرگە (هەولێر).

٩-سامی عوبێد، پێشمەرگە (هەولێر)

١٠-سەباح جەمیل، پێشمەرگە (هەولێر).

١١-ئەحمەد محەمەد ئەمین، پێشمەرگە (هەولێر- چەمرگە).

١٢-ئەحمەد محەمەد، پێشمەرگە (هەولێر- پیرەر)، هەروەها لەو شەڕەدا پێنج پێشمەرگە بەدیل گیران، ئەمەش ناوەكانیانە:

١-جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد.

٢-جەواد كەریم گۆمەشینی.

٣-كەمال واحید گۆمەشینی.

٤-حسێن عەبدولڕەحمان گۆمەشینی.

٥-عەزیز باپیر.

تێبینی: جەعفەرو جەوادو كەماڵو حسێن لە٢١ی حوزەیرانی ١٩٧٨ لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دران و عەزیز باپیر ناسراو بە سەید عەزیز گۆمەشینی دوای گیرانی بە ماوەیەك بە هۆی بچوكیی تەمەنییەوە بە لێبوردنی گشتی ئازاد كرا.

سەرچاوە: كوردستانی نوێ (٢٠١٧/٣/٨)

## پاشكۆی ژمارە ٢

## بەیاننامەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان لە یەكەمساڵیادی شەڕی دەشتێودا

پێی ناوی بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین

جەماوەری گەلی نەبەزی كورد

تێكۆشەرانی رێگای ئازادی و دیموكراسی

بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان لە بیرەوەریی تێپەڕبونی ساڵێك بەسەر شەهیدبونی تێكۆشەری قارەمان سەعدی عەزیز ئەندامی كۆمیتەی ئامادەكردنی بزوتنەوەو ئەندامی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو شەهیدە قارەمانەكانی تری شەڕی بەناوبانگی دەشتێو، ملكەچی و كڕنوش و رادەستی بۆ گیانی نەمریان و سڵاو و قەدرزانیی بێ پایان رادەگەیەنێت و سڵاوی رێز بۆ گیانی نەمری هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری و ئازادیی گەلەكەمان و گشت گەلانی جیهان دەنێرێت.

هەر لەم یادە پیرۆزەدا سڵاوی شۆڕش و تێكۆشان بۆ هەڤاڵ و سەركردە تێكۆشەرەكانی دەنێرێت كە لەپێناوی شۆڕشی كوردو كێشەی رەوای گەلەكەیاندا

ئێستا لە زیندانی رژێمی رەگەزپەرستی سروشت فاشیستی بەغدا لە ژێر باری ئەشکەنجەو ئازاردا ژیان بەسەر دەبەن یان لە زیندانی قیادەی موەقەت بێ سەرو شوێنن.

سەر لە بەیانیی رۆژی ٨ی ئازاری ١٩٧٨ لە کاتێکدا کە هەڤاڵان سەعدی عەزیز و سەید کاکە لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی قارەمانی هێزەکانی سەفین و دەشتی هەولێر بە ئیشوکاری شۆڕش گەیشتبونە ناوچەی پشدەر، لە نزیك گوندی دەشتێو لەگەڵ هێزێکی گەورەی دوژمن رووبەڕوو بون. هێزی دوژمن بریتی بوو لە دوو لیوا سەرباز بە پاڵپشتی تۆپ و ٤٠ فڕۆکەی هەلیکۆپتەری شەڕکەرو سەرباز هەڵگر. لە هەلومەرجێکی هێجگار نالەبارو دژواردا، پێشمەرگەکان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دران.

پێشمەرگە قارەمانەکان لە ژێر دروشمی «کوردستان یان نەمان» لە دوژمن هاتنە دەست. شەڕێکی قورس و خوێناوی دەستی پێ کرد، لە بەیانیی ئەو رۆژەوە تا ئێوارە چوار تا پێنج جار هێزی دوژمن شکێنراو راو نرا. پێشمەرگە زیانێکی قورسیان بە دوژمن گەیاند و دەرسێکی ئەوتۆیان دایێ کە جارێکی تر پێیان سەلماند کە کوردستان گۆڕستانی دوژمنانە. ئەو سەرکێشانە کە بە خەیاڵی خاوی شۆڤێنییەوە ویستویانەو دەیانەوێ کورد لە ناو بەرن، بەشیان هەر مل شکان و تێداچون و نەفرینی مێژوو بووەو دەبێ. بەپێی سەرچاوە عەسکەرییەکانی خۆیان کە دەستمان کەوتووە، زیانی دوژمن بریتی بووە لە ٣٠٠ کوژراوو بریندار، لە ناو ئەوانەدا ٨ ئەفسەر هەیە یەکێکیان بە روتبەی عەقید بووە. هەلیکۆپتەرێکی شەڕکەری دوژمنیش لە نزیك مەیدانی شەڕەکە ئاگری تێ بەر بووەو کەوتۆتە خوارەوەو سێ هەلیکۆپتەری سەرباز هەڵگری تریش لە گریداغ و دەشتێوو قەڵادزێ کەوتونەتە خوارەوە. لەم داستانە پڕ شانازییەدا لە کاتژمێری ٣،٣٠ی پاش نیوەڕۆ هەڤاڵ سەعدی عەزیزی قارەمان لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگەی دلێر هێرشیان کردە سەر دوژمن لە گردەچێو و لە ئەنجامدا تێکۆشەری خۆشەویست سەعدی عەزیز گیانی پاکی خۆی کردە خەڵاتی کوردستان و لەپێناوی مەسەلەی رەوای گەلی کوردو لەسەر رێبازی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لەگەڵ هەڤاڵەکانی، گەیشتە دنیای نەمری و سەروەری.

لە هەمان داستاندا ئەم پێشمەرگانە شەهید بون: فاروق سدیق رابەری سیاسیی هێزەکە، ئەحمەد محەمەد ئەمین فەرماندەی مەفرەزە، فەرخ قادر فەرماندەی مەفرەزە، جەعفەر ئەسوەد فەرماندەی مەفرەزە، حسێن سەید رەحمان فەرماندەی مەفرەزە، فەریق هەمزە، شاهین عیززەددین، عوسمان ئەحمەد، سامی عوبێد، سەباح جەمیل، ئەحمەد محەمەد، تاهیر محەمەد عەلی، جەبار ئیسماعیل، عەزیز باپیر، جەواد کەریم، کەمال سەید واحید. تەرمی پاکی ئەم شەهیدانە لە شاری قەڵادزێی شەهید جەماوەری بەشەرەفی قەڵادزێی هێنایە جۆش و خرۆش و بۆ رێزلێنان و ناشتن و ماتەمینی دەربڕین یەك پارچە راپەڕین.

هەڤاڵی نەمر سەعدی عەزیز لە خێزانێکی هەژاری جوتیار لە گوندی سێبیرانی ناحیەی قوشتەپەی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٤٣ هاتۆتە دنیاوە. ئەو ناوچەیە مەڵبەندێکی پتەوی راپەڕین و جوڵانەوەی جوتیارانی دژ بە چەوساندنەوەی چینایەتی بووە. شەهیدی نەمر هەر کە چاوی هەڵهێناوە، چەوسانەوەی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتی کاری تێ کردووەو بیروباوەڕی نیشتمانپەوەریی لە واقیع هەڵێنجاوەو هەر لە سەرەتای ژیانییەوە شەیدای ئازادی و خۆشەویستیی نیشتمانەکەی بووە. هەر بە زویی چۆتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو وەك خەباتگێڕێکی شۆڕشگێڕو نەبەز ناوی دەرکردووە.

بۆیە هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ خۆی گەیاندە ریزی پێشمەرگایەتی. لە پێشمەرگایەتیدا لەبەر کەم تەمەنی و خۆشەویستی، بە سەعدی گچکە ناوی دەرکرد، بەڵام بە خەبات و چالاکی و لێهاتوویی خۆی، بە یەکێك لە کادیرە عەسکەرییە پارتیزانە سەرکەوتووەکانی شۆڕشی ئەیلول ناسرا، لە زۆربەی شەڕە سەختەکاندا بەشداریی کرد و هەمیشە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

لە دوای هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ هەڤاڵ سەعدی یەکێك بوو لەو کادیرانەی کە ئامادە نەبون دەستەوەستان رابوەستن و بارو زروفی ئاشبەتاڵ قبوڵ بکەن. ئەو بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا بۆ گۆڕینی ئەو مەینەتییە نەتەوایەتییەی کە گەلی کوردی تێ کەوتبوو لە ئەنجامی بەزین و هەلاّتنی سەرکردایەتیی راسترەوی خێڵەکی و دروستبوونی مەترسی لەسەر وجودی نەتەوایەتیی گەلی کورد بە هۆی سیاسەتی شۆڤێنی و رەگەزپەرستانەی کاربەدەستانی رژێمی بەغدا. بۆیە هەر زوو خۆی گەیاندە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و پاش ماوەیەك لەگەڵ دەستەیەك لە سەرکردە تێکۆشەرەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و شان بە شانی تێکۆشەرانی تری نەتەوەکەمان، لەگەڵ یەکەم بانگەوازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، فەرمانی پێکهێنان و رێکخستنی پێشمەرگەو بەرپاکردنی بەرگریی چەکدارانەی گەلەکەمانی خستە سەر شان. هەر بە چالاکی و فیداکاری و خۆنەویستی، شەرەفی ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی وەرگرت. بەم شێوە قارەمانییەش شەرەفی شەهادەتی لەپێناوی گەل و نیشتمانەکەیدا بۆ خۆی هەڵبژاردو لە مێژوی خەباتی گەلەکەمان و گەلی مەزنی عیراق، لەپێناوی ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزمدا، لاپەڕەیەکی سەروەرانەی بۆ خۆی تۆمار کرد.

بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەورێکی پڕ سەروەری دەبینێ و دەستە دەستە سەرکردەو کادیرو پێشمەرگەی قارەمان دەکاتە قۆچی قوربانی لەپێناوی سەربەرزیی گەلەکەمان و بەدی هێنانی مافی نەتەوایەتی و دیموکراتی لەوانە شەهیدانی ناسراو مامۆستا حەمید باتاسی، ئەحمەد فەتحوڵلا، مولازم حەسەن خۆشناو، مەلا حاجی رەسول، یاسین قادر، مەحمودو عوسمان شەفیق، رەسول دڵشادو سەدان تێکۆشەری قارەمانی تر.

بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

١٩٧٩/٣/٨

## دەشتێو (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هەرێمی ٦و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە٢٠ی ئازاری ساڵی ١٩٧٩ لە نزیك گوندی دەشتێو لە ناوچەی پشدەر. مەفرەزەکە لەنۆ پێشمەرگە پێکهاتبوو کە لەگوندی راگوێزراوی ئەلبانەی بناری چیای ئاسۆسەوە بەرەو گوندی دەشتێو دەڕۆشتن بە مەبەستی گیرسانەوە لەبنکەکەیان لە ناوچەی سەرکردایەتی.

لە رێگا چەند هەلیکۆپتەرێکی جەنگییان لێ پەیدا بوو کە بەسەر ناوچەکەدا دەسوڕانەوە. هەلیکۆپتەرەکان مەفرەزەکەیان بینیو کەوتنە تەقەکردن لێیو لە ئاکامدا شەڕ دامەزرا. زۆری نەبرد، هێزەکانی عیراق بە هەلیکۆپتەری بارهەڵگر سەربازیان لە شوێنی شەڕەکە دابەزاند. لەبەر روتەنیی شوێنەکەو نالەباریی بۆ بەرگری، مەفرەزەکە بۆ هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانو سەربازەکان وەك ئامانجێکی کراوە وابوو. شەڕێکی دەستەویەخە هاتە ئاراوە کە تا خۆرئاوابون درێژەی

کێشا. لە شەڕەکەدا هەلیکۆپتەرێك پێکرا و چەند سەربازێك کوژران و بریندار بون. مەفرەزەکە لە ٩ پێشمەرگە پێکهاتبوو، لەوانە پێنجیان لە مەیدانی شەڕ، بە برینداری و کوژراوی بەجێ مان و چواریان تا ئێوارە بەردەوام بون لەسەر بەرگری.

لەگەڵ خۆرئاوابوندا هەلیکۆپتەرە بارهەڵگرەکان سەربازەکانیان گواستەوە. چوار پێشمەرگەکەش لە تاریکیدا خۆیان گەیاندە ئەشکەوتی تێوادان‌و شەوەکەیان بەبرینداری‌و شەکەتی‌و برسێتی بەسەر برد.

بەیانییەکەی، هەلیکۆپتەرەکان بەسەر ناوچەکەدا سوڕانەوە، پاشان سەربازیان داگرت و تەرمی چوار پێشمەرگەیان لەگەڵ خۆیان بۆ قەڵادزێ بردەوە، پێشمەرگەیەکیش بە برینداری لە مەیدانی شەڕەکە کەوتە دەست سەربازەکان.

چوار پێشمەرگەکە لەبەر سەختیی برینەکانیان توانای جموجوڵیان نەبوو، بۆیە لە ئەشکەوتەکە مانەوە. هەر ئەو ڕۆژە هێزەکانی هەرێمەکە کەوتنە پشکنینی ناوچەکە. ئێوارەکەی، پێشمەرگەکانیان لە ئەشکەوتەکە دۆزییەوەو دوا بەدوای ئەمە، وڵاغیان بۆ هێنان و گەیاندییانە شوێنی دوور لە مەترسی.

شەهیدەکان ئەمانەن: ١-ڕەسول عەزیز مامە، خەڵکی گوندی نورەددین،٢-خدر بابەکر، خەڵکی گوندی دەرونە، ٣-حەسەن عاسمە، خەڵکی گوندی گەرمکان، ٤-عومەر مەحمود، خەڵکی گوندی گەلاڵە، ٥- کوێخا ڕەسول کە بە برینداری بە دیل گیرا.

## دەشتی هەولێر (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٨٦ لە ناوچەی دەشتی هەولێر. لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش و هەلیکۆپتەری جەنگی، بە مەبەستی کێوماڵ کردنی قەڵەمڕەوی نێوان ئاڵتون کۆپری‌و قوشتەپەو دێگەڵەو کۆیە، لە هەشت قۆڵەوە هێرشی کردە سەر قەڵەمڕەوەکە، ئەویش بەمجۆرە:

لە قۆڵی یەکەمدا لە شارۆچکەی ئاڵتون کۆپرییەوە بەرەو گوندەکانی خوڕخوڕەو سارتکەو سێکانیان‌و سێگرتکان. لە قۆڵی دووەمدا لە شارۆچکەی قوشتەپەوە بەرەو گوندی دیدەوان و لە وێوە بەرەو گوندەکانی بانەمۆردو نێرەگین. لە قۆڵی سێیەمدا لە شارۆچکەی دێگەڵەوە بەرەو گوندەکانی بانەقەڵات‌و بەردبەڕو نێرەگین. لە قۆڵی چوارەمدا لەگوندی بەردەبازەوە بەرەو گوندی حاجی وسوو و لەوێو بۆ گوندەکانی شیوەپیران و نێرەگین. لە قۆڵی پێنجەمدا لەگوندەکانی گورزەیی‌و شاخەپیسکەوە بەرەو گوندەکانی بانی ماران‌و باپیراغاو نێرەگین. لەقۆڵی شەشەمدا لەتەوەرەی گۆپتەپەوە بەرەو گوندەکانی ئیلنجاغ‌و داربەسەر. لە قۆڵی حەوتەمدا لەگوندی تاڵەبانەوە بەرەو گوندەکانی مەرزان‌و ئیلنجاغ. لەقۆڵی هەشتەمدا لەسەربازگەی نێوان تەقتەق و کۆیەوە بەرەو گوندەکانی شیواشۆك و ئیلنجاغ.

ئەو هێزانەی سوپای عیراق کە لە قۆڵی شەشەم و حەوتەم‌و هەشتەمەوە بەرەو گوندی ئیلنجاغ بەڕێ کەوتبون، لەگوندی ئیلنجاغ بەدووریی نزیکەی ١٥ کیلۆمەتر لە شاری کۆیەوە، کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەی کەرتەکانی ١و ٢و ٣ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ. لەم بەرەیەدا شەڕ دە سەعاتی خایاند، لە سەعات ٩وە تا ١٩. لەئەنجامدا هێزەکانی عیراق زیاتر لە ٢٠ سەربازو جاشیان لەدەستدا. لەم بەرەیەدا زرێپۆشێك و ٤ ئوتومبیلی جۆراوجۆری سوپای عیراق گریان

تێبەر بوو، سەرباری ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر دوو ئوتومبیلدا گرت.

ئەو هێزانەی سوپای عیراق کە لە قۆڵی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمەوە رویان کردبووە گوندی نێرەگین، لەسەعات ١٥دا کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەی کەرتی ٤و مەفرەزەیەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٣ مەفرەزەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق. لەم بەرەیە شەڕ پێنج سەعاتی خایاندو هێزەکانی عیراق ٤٠ سەربازو جاشیان لێ کوژراو زیاتر لە١٠ ئوتومبیلیان تێك شکێنرا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٤ پارچە چەك و ٢ ئوتومبیلدا گرت.

هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی هێرشەکانی سوپای عیراق بۆ سەر گوندەکانی سارتکە و سێکانیانو سێگرتکان، هێزێکی تیپی ٢١ی کەرکوك کە لە کەرتی یەکی قەڵاسێوکەو کەرتی ٢ی شوان و مەفرەزەی تیپو هێزی پشتگیریی ناوچەکە پێکهاتبوو، لەوبەر زێی بچوکەوە بە دۆشکاو بیکەیسیو چەکی هەمەجۆر لەدوو قۆڵەوە پەلاماری ئەو هێزانەی سوپای عیراقیان دا کە لە بەرامبەر سێکانیانو لەگردەکانی سێگرتکان کۆ ببونەوە. هێزەکانی عیراق لەم تەوەرەدا تەنگیان پێ هەڵچنراو لە شوێنەکانی خۆیان گیریان خوارد. لەو سەروبەندەدا لە سەعات ١٦دا هێزێکی جاش لە ئاڵتون کۆپرییەوە بەرەو گوندی قەرەسالم بەرێ کەوت بۆ کەم کردنەوەی فشاری تیپی ٢١ی کەرکوكو هێزی پشتگیری لەسەر هێزەکانی سێکانیان و سێگرتکان. بەشێکی هێزەکانی تیپەکەو هێزی پشتگیری بەرپەرچی هێزی جاشەکانیان دایەوەو نەیانهێشت پێشڕەوی بکەن. بە درێژایی ئەم ماوەیە هێزەکانی عیراق لە سەربازگەی مام قلینج و دێگەڵەوە بەردەوام سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکوتاو لە ئاسمانیشەوە هەلیکۆپتەرە جەنگییەکان بەدۆشکا لە پێشمەرگەیان دەدا، بەڵام بۆردومانەکە هیچ ئاسەوارێکی لەسەر ئەنجامی شەڕەکە نەبوو.

لە کاتێکدا خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو،



مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگە لەسەر ڕێگاکانی کەدەشێ هێزەکانی عیراق لە گەڕانەوەیاندا پێیدا بڕۆن، بۆسەیان دانا. لەم ڕووەوە هێزێکی عیراق کە لە بەستی شەرغە دەگەڕایەوە، لەسەر ڕێی هەولێر . دێگەڵە کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی کەرتی ٣و مەفرەزەیەکی تیپی ٨٥ی بەڕانەتیو مەفرەزەیەکی مەڵبەندی ٤و ڕێکخراوی یەکی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و درایە بەر دەستڕێژی گوللە. زیانی هێزەکانی عیراق لەم قۆڵە بە بیست کوژراو مەزەندە دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە، هێزێکی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لە نێوان شارۆچکەی قوشتەپەو گوندی بێستانە بۆسەی بۆ هێزێکی سوپای عیراق دانا کە لە بەرەکانی شەڕ دەگەڕایەوەو دایە بەر دەستڕێژی گوللە. لە بۆسەکەدا ٧ سەرباز کوژرانو هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٦ پارچە چەك و یەك ئوتومبیلدا گرت.

شەڕەکە لە هەموو بەرەکاندا ٦ شەهیدی لێ کەوتەوە کە ئەمانەن: یوسف جەمیل قەشقەیی فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، مەغدید تۆفیق خدر پێشمەرگەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، خالید ڕەمەزان ناسراو بە توانا پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ئەسکەندەر مەناف گۆمەشینی پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، شێرکۆ حەمە ئەمین پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، حەویز حسێن عومەر ئیلنجاغی پێشمەرگەی هێزی پشتگیری.

## دەشتی هەولێر (هەرێم)

هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر. لە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە برادۆست لە ساڵی ١٩٧٧ پێك هێنراوە. سنورە جوگرافییەکەی قەڵەمڕەوێکی بەرینی گرتۆتەوە کەنزیکەی نیوەی ڕوبەری پارێزگای هەولێر دەبێو بە شێوەیەکی تایبەت دەوروبەری شاری هەولێرو دەشتەکەیو قەزای کۆیەو بەشێکی ناوچەی خۆشناوەتیو باشوری هەولێری گرتۆتەوە. لە باکوردا لەگەڵ هەرێمی خۆشناوەتیدا هاوسنور بووەو لە باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ هەرێمی ٢ی کەرکوکدا.

هەرێمەکە یەکێ لەو هەشت هەرێمەیە کە لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی پرۆسەی پێکهێنانی هەرێمەکاندا پێك هێنراوەو پشکی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بووە.

ئەم هەرێمە دوو قۆناغی بڕیوە. قۆناغی یەکەم ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٩ دەگرێتەوە کە تێیدا لێپرسراوەتیی هەرێمەکە بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان سپێردراوە. لەم قۆناغەدا هەرێمەکە دوو فەرماندەی بەخۆیەوە دیوە. لە ئەیلولی ١٩٧٧دا بەپێی ئەو سازانەی کە لەکۆبونەوەکانی برادۆست هاتە ئاراوە، سەعدی عەزیز ئەندامی سەرکردایەتیو یەکێ لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێ لە پێشەنگەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لێپرسراوەتیی هەرێمەکەی پێ سپێردرا. لەئازاری ١٩٧٨دا سەعدی عەزیز، لە کاتێکدا کەبەرەو گوندی نۆکان بۆ بەشداری کردن لە خولی دووەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێ کەوتبوو، لە شەڕێکدا لە گوندی دەشتێوی ناوچەی پشدەر خۆیو ١٢ پێشمەرگە شەهید بون. هاوینی ئەو ساڵە قادر عەزیز لە جێی سەعدی عەزیز لێپرسراوەتیی هەرێمەکەی گرتە ئەستۆ. قادر عەزیز هەم برازای سەعدی عەزیز بوو هەم ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو. لەو قۆناغەدا زۆربەی هەرە زۆری هێزی پێشمەرگەی هەرێمەکە سەر بە بزوتنەوەی سۆشیالیست بووە. کۆمەڵەی ڕەنجدەران

هێزێکی بچوکی هەرێمەکەی پێکهێناوە. بۆیە کاتێك بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ئازاری ١٩٧٩ لەیەکێتیی نیشتمانی جیا بۆوە، زۆربەی هەرە زۆری هێزی پێشمەرگەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێری لەگەڵ خۆیدا بردو بەهۆی ئەمەوە پێگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنوری هەرێمەکە دای لە کزی.

قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٩٧٩ دەست پێ دەکا کە تێیدا یەکێتیی نیشتمانی کەوتە دانانی بەرنامەیەك بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی هەرێمەکە. ئەرکەکە ئاسان نەبوو چونکە تەرازوی هێز بەلای بزوتنەوەی سۆشیالیستدا دایدەشکاندو لە سۆنگەی پەیوەندیی گرژی نێوان هەردولاوە بنیاتنانەوەی هێزی یەکێتی لە ناوچەکە زۆر ئاستەنگی هاتە بەردەم.

هەر ئەو ساڵە، مەجید حسێن مورسیل زەمان ناسراو بە خاڵە سەید مەجید کرایە فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو موحسین مام یەحیا کرایە جێگری. بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەرێمەکە، بڕیار درا هەندێ هێز لەدەرەوەی دەشتی هەولێر بۆ سنوری هەرێمەکە بنێردرێ. بەپێی نەخشەی دانراو، پەنجا پێشمەرگە لە هەرێمی ٢ی کەرکوكو حەفتا پێشمەرگە لە بنکەکانی سەرکردایەتی لە توژەڵەو ناوزەنگو شێنێ نێردرانە هەرێمەکەو داوا لە هێزەکانی دەشتی کۆیەو بناری کۆسرەتیش کرا کە دەوروبەری پەنجا پێشمەرگە دەبوون، هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ فەرماندەی هەرێمەکەدا بکەن. بەڵام سەید مەجید زۆر لە هەرێمەکە نەمایەوە. ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی پێ سپێردراو بڕیار درا فەرماندەیەکی تر لە دەرەوەی ناوچەکە بۆ هەرێمەکە بنێردرێ.

لەبەر بەرزبونەوەی ئاستی گرژی لە هەرێمەکەدا، سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی پاش تاوتوێ کردنی رەوشەکە، بڕیاریدا بایەخێکی زۆرتر بە هەرێمەکە بداو لەم سەروبەندەدا لە ساڵی ١٩٨٠ مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ عەلی کە خەڵکی هەڵەبجەو ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، کرایە فەرماندەی هەرێمەکەو عەلی ساڵح سێگرتکانیش کە فەرماندەی کەرت بوو کرایە جێگری. لەو کاتەدا هەرێمەکە لە پێنج کەرت پێکهاتبوو کە بریتی بون لەکەرتەکانی دەشتی هەولێر، باواجی، بناری کۆسرەت، خۆشناوەتیو بالیسان.

رابەری سیاسیی هەرێمەکە حەسەن ئەنوەر حەسەن مەخموری ناسراو بە کاوە بوو کە دواتر هەر ئەو ساڵە لە شەڕێکدا لەگوندی قەلاسنجی سەروی بناری چیای سەفین شەهید بوو. هەردوو باڵەکەی یەکێتیی نیشتمانی تەونێکی رێکخراوەیی باشیان لە سنوری هەرێمەکەدا هەبوو.

ئەرسەلان بایز لێپرسراوی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران بوو، عەلی حەویز لێپرسراوی رێکخستنەکانی باڵی ناو یەکێتیی بزوتنەوەی سۆشیالیست و مەحمود بەنزین لێپرسراوی رێکخستنەکانی هێڵی گشتی بوو. کۆمەڵەی رەنجدەران لیژنەیەکی رێکخستنی کارای لە سنوری هەرێمەکەدا بە ناوی لیژنەی رێکخستنی شەهید ئاودێر هەبوو کە لێپرسراوەکەی جەمیل رەنجبەر بوو. لیژنەکە چەند کادیرێکی کارای هەبوو لەوانە حەمید کەریم شانە، شۆڕش حاجی، هەژار کانی مارانیو بەکر مستەفا سەعید. لەو ماوەیەدا، سەرەڕای سەختیی رەوشەکە، توانرا بناغەیەك بۆ گێڕانەوەی شکۆی یەکێتیی نیشتمانی بۆ سنوری هەرێمەکە دابندرێ.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ سەید کەریم هاودیانی لە فەرماندەیی هەرێمەکەدا جێی مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادری گرتەوە، بەڵام هەموو ماوەی دەستبەکاربونی وەك فەرماندەی هەرێمەکە نزیکەی

دوو مانگ بوو چونکە هەر ئەو ساڵە، دوای ئەوەی کەبڕیار درا چیتر کار بە سیستمی هەرێمەکان نەکرێ‌و هەرێمەکان بەسەر چەند یەکەیەکی بچوکتردا دابەش بکرێن، هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر چوار تیپی لێ دروست کرا کەبریتی بون لە تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٣ ی هەورێ، ٩٠ی کۆیەو باواجی‌و ٩١ی سەفین. دواتریش لە سنوری کۆنی هەرێمەکە تیپی دیکە دروست کرا وەك تیپەکانی ٨٧ی قەرەچوغ، ٨٥ی بەڕانەتی‌و ٨٨ ی شەمامك.

## دەشتی هەولێر ( تیپ )

تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. یەکێ لەو تیپانەیە کەپاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٨٢ دامەزراوە. لە سەرەتادا سنوری جوگرافیی، دەوروبەری شاری هەولێرو هەموو باشوری پارێزگای هەولێر و قەزای کۆیەو ناوچەی بەڕانەتیی گرتۆتەوە. فراوانیی سنوری تیپەکە دەرفەتی ئەوەی پێکهێنا کە لە قۆناغی دواتردا سێ تیپی دیکەی لێ پێك بهێنرێ کە بریتین لە تیپەکانی ٨٣ی هەورێ، ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٧ی قەرەچوغ، ٨٨ی شەمامك. لەم سۆنگەیەوە لەبەرەنجامی کۆتاییدا سنورەکەی تەنگەبەر بۆتەوەو تەنها دەشتی هەولێرو ناو شاری هەولێری بۆ ماوەتەوە.

پاش پێکهێنانی مەڵبەندەکان لە ساڵی ١٩٨٢دا، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەوتە سنوری مەڵبەندی چوار کە بارەگاکەی لە بالیسان بوو.

تیپەکە پێنج فەرماندەی بەخۆیەوە دیوە. یەکەم فەرماندەی تیپەکە شاخەوان عەباسە. کاتێك تیپەکە دامەزرا، ژمارەی پێشمەرگەکانی تەنها ٥٤ پێشمەرگە بوو بەڵام دواتر ژمارەی پێشمەرگەکانی زیادی کردو تیپەکە بووە یەکێ لە تیپە هەرە چالاکەکان.

ساڵی ١٩٨٣ بڕیار بوو ئەحمەد قەمبەری، فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ببێ بە فەرماندەی تیپەکە، بەڵام پێش دەرچونی بڕیارەکە، قەمبەری لە٢٧ی نیساندا لە شەڕێکدا لە دژی هێزەکانی عیراق، لەگەڵ حەوت پێشمەرگەدا شەهید بوو. لەم سۆنگەوە بڕیار درا جەعفەر شێخ مستەفای سەرپەرشتیاری تیپی ٩٣ی کۆسرەت بە شێوەیەکی کاتی، تا ئەو کاتەی فەرماندەیەکی تازە بۆ تیپەکە دیاری دەکرێ، سەرپەرشتیی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بگرێتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە سابیر رەسول بە فەرماندەی تیپەکە دانرا و فاروق عەلی مەولود کرایە جێگری.

ساڵی ١٩٨٤ غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود کە فەرماندەی هەرێمی ٧ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو و تازە وازی لەو حزبە هێنابوو و هاتبوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لێپرسراوەتیی تیپەکەی پێ سپێردراو فاروق عەلی مەولود بە جێگری سەرتیپ مایەوە.

لە ساڵی ١٩٨٧دا بڕیار درا لێپرسراوەتیی تیپەکە بەفاروق عەلی مەولود بسپێردرێ بەڵام بەر لەوەی ناوبراو لێپرسراوەتییەکە وەرگرێ، لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی تەقتەق بە سەختی بریندار بوو و بەم هۆیەوە نەیتوانی لێپرسراوەتییەکە بگرێتە ئەستۆ. بە هۆی ئەمەوە رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود ناسراو بە ڕێباز کرایە فەرماندەی تیپەکەو سلێمان عارەب ئیسماعیل ناسراو بە مەلا سلێمان کرایە جێگری.

ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، جەلال ئیلنجاغی کرایە فەرماندەی تیپەکە. لەو قۆناغەدا تیپەکە رۆڵێکی بەرچاوی لە بەربەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا گێڕاو بەشێکی پێشمەرگەو کادیرەکانی ئەم تیپە بە شێوەی پارتیزانی لەدەشتی هەولێر مانەوە.

له‌ پرۆسه‌ی رێكخستنه‌وه‌ی هێزی پێشمه‌رگه‌دا دوای قۆناغی شالاوه‌كانی ئه‌نفال، تیپه‌كانی ٨٥ی به‌رانه‌تی‌و ٨٦ی ده‌شتی هه‌ولێرو ٨٧ی قه‌ره‌چوغ و ٨٨ی شه‌مامك كران به‌یه‌ك تیپ‌و جه‌لال ئیلنجاغی كرایه‌ فه‌رمانده‌ی تیپه‌كه‌.

## ده‌نگدان (گۆڤار)




گۆڤارێكی تایبه‌ت به‌ كاروباری هه‌ڵبژاردنه‌، ده‌زگای هه‌ڵبژاردنی یه‌كێتیی نیشتمانیی كوردستان له‌ ساڵی ٢٠٠٧ ده‌ری كردووه‌. ئه‌م گۆڤاره‌ به‌كرده‌وه‌ درێژه‌پێدانی ئه‌و گۆڤاره‌یه‌ كه‌ ده‌زگای هه‌ڵبژاردن له‌ هاوینی ٢٠٠٦دا به‌ ناونیشانی «هه‌ڵبژاردن» ده‌ری كردووه‌و ته‌نها یه‌ك ژماره‌ی لێ ده‌ركردبوو و پاشان رایگرتبوو، چونكه‌ ده‌ركه‌وتبوو كه‌گۆڤارێك به‌ هه‌مان ناو له‌ هه‌ولێر ده‌رده‌چێ. راگرتنی گۆڤاری «هه‌ڵبژاردن» بووه‌ هۆی دواكه‌وتنی پرۆژه‌كه‌ بۆ ماوه‌ی زیاد له‌ساڵێك.

ساڵی ٢٠٠٧ پرۆژه‌كه‌ زیندوو كرایه‌وه‌و ده‌زگای هه‌ڵبژاردن‌له‌جیاتی گۆڤاری راگیراوی «هه‌ڵبژاردن»، گۆڤارێكی دیكه‌ی به‌ ناوی «ده‌نگدان» ده‌ركرد. بۆ نیشاندانی ئه‌وه‌ی كه‌ «ده‌نگدان» درێژه‌پێدانی گۆڤاری «هه‌ڵبژاردن»ی ساڵی پاره‌، یه‌كه‌م ژماره‌ی گۆڤاره‌كه‌ ژماره‌ ٢ی له‌سه‌ر دانراوه‌ نه‌ك ژماره‌ ١و له‌ سه‌روتاری ژماره‌كه‌شدا ئاماژه‌ به‌ ئه‌زمونی ژماره‌ یه‌كی گۆڤاری «هه‌ڵبژاردن» كراوه‌. له‌ سه‌روتاره‌كه‌دا باسی ئامانجه‌كانی گۆڤاره‌كه‌ نه‌كراوه‌، ئه‌ویش له‌و روانگه‌یه‌وه‌ كه‌ ئامانجه‌كان له‌ تاقه‌ ژماره‌كه‌ی گۆڤاری «هه‌ڵبژاردن» دیاری كراون‌و به‌ پێویست نه‌زانراوه‌ دوباره‌ بكرێنه‌وه‌.

ژماره‌ ٢ له‌ پایزی ٢٠٠٧ ده‌رچووه‌. سه‌رنوسه‌ری ئه‌م ژماره‌یه‌ هه‌مان سه‌رنوسه‌ری تاقه‌ ژماره‌كه‌ی گۆڤاری هه‌ڵبژاردنه‌ كه‌كاردۆ محه‌مه‌د پیرداووده‌. به‌ڵام له‌ ژماره‌ ٣ به‌دواوه‌ كه‌ له‌زستانی ٢٠٠٨ ده‌رچووه‌، شۆڕش ئیسماعیل بۆته‌ سه‌رنوسه‌ر.

گۆڤاره‌كه‌ بایه‌خی به‌ كاروباری هه‌ڵبژاردن‌و راپرسی داوه‌و هه‌وڵی داوه‌ زانیاریی گشتی ده‌رباره‌ی سیستمه‌ سیاسییه‌كان‌و سیستمه‌كانی هه‌ڵبژاردن بڵاو بكاته‌وه‌و ویستویه‌تی رۆڵێكی كارا له‌ ناسینی كه‌لتوری هه‌ڵبژاردن وه‌ك رێوشوێنێكی شارستانییانه‌ بۆ ده‌ستاوده‌ست كردنی ئاشتییانه‌ی ده‌سه‌ڵات بگێڕێ‌و له‌م كاره‌یدا تا ئه‌ندازه‌یه‌كی زۆر سه‌ركه‌وتوو بووه‌.

له‌ سه‌ره‌تای ده‌رچونی گۆڤاره‌كه‌دا، مه‌كته‌بی رێكخستن خاوه‌نی ئیمتیازی بووه‌ به‌ڵام له‌ ژماره‌ ١٠-١١ به‌دواوه‌ ده‌زگای هه‌ڵبژاردن بۆته‌ خاوه‌نی ئیمتیازی گۆڤاره‌كه‌.

ستافی گۆڤاره‌كه‌ گۆڕانی به‌سه‌ردا هاتووه‌. له‌ ژماره‌ ٢ به‌دواوه‌ نه‌جات رۆستی به‌ڕێوه‌به‌ری نوسین بووه‌. له‌ ژماره‌ ٤دا كه‌ له‌ به‌هاری ٢٠٠٨ ده‌رچووه‌،

مەجید عەلی شەریف بۆتە بەڕێوەبەری نوسینو نەجات رۆستی بۆتە سکرتێری نوسین. لە ژمارە ٣دا کە لە زستانی ٢٠٠٨ دەرچووە، سلێمان مستەفا حەسەن بۆتە جێگری سەرنوسەر. لە ژمارە جوتەکەی ١٦-١٧دا پۆستی جێگری سەرنوسەر نەماوە. لە ژمارە ١٤ بەدواوە پۆستی سکرتێری نوسین نابینرێو هەر یەك لە نەجات رۆستیو هاونیاز سامیو رێباز فوئاد عەزیز و ئاکۆ عەبدولمەجید بونەتە ئەندامی ستافی گۆڤارەکە. لە ژمارە ١٥دا ئاوات ئەحمەد سولتان بۆتە بەڕێوەبەری نوسین. لە ژمارە جوتەکەی ١٦-١٧دا هاونیاز سامی لەستافی گۆڤارەکە نەماوە بەڵام لە ژمارەی پاشتردا گەڕاوەتەوە بۆ ستافەکەو سۆران ئەنوەر جێی ئاکۆ عەبدولمەجیدی گرتۆتەوە. لە ژمارە ٢٠دا ژیار بۆتان جێی سۆران ئەنوەری گرتۆتەوەو لە ژمارە ٢١دا رێباز فوئاد عەزیز لەستافی گۆڤارەکە نەماوە. لە ژمارە ٢١دا ئەژی عەبدولقادر بۆتە بەڕێوەبەری نوسین.

گۆڤارەکە بە شێوەی جیاواز خۆی ناساندووە. لە ژمارە ٢دا وەك وەرزنامەیەکی سیاسیو رۆشنبیریی تایبەت بە کاروباری هەڵبژاردن خۆی ناساندووە. بەڵام لە ژمارە ٣ بەدواوە وەك وەرزنامەیەکی سیاسیی تایبەت بە کاروباری هەڵبژاردن خۆی ناساندووە و لە ژمارە ١٥ بەدواوە تەنها وەك وەرزنامە خۆی ناساندووە.

تا ساڵی ٢٠١٤ گۆڤارەکە ٢١ ژمارەی لێ دەرچووە. هەرچەند گۆڤارەکە وەك وەرزنامە خۆی ناساندووە، بەڵام نەتوانراوە ساڵانە ٤ ژمارەی لێ بڵاوبکرێتەوە. ساڵی ٢٠٠٧ یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ساڵی ٢٠٠٨ چوار ژمارە، ساڵی ٢٠٠٩ سێ ژمارە، ساڵی ٢٠١٠ سێ ژمارە، ساڵی ٢٠١١ دوو ژمارە، ساڵی ٢٠١٢ دوو ژمارە، ساڵی ٢٠١٣ دوو ژمارە، ساڵی ٢٠١٤ یەك ژمارە، لەوانە چەند ژمارەیەك جوتن و بریتین لە ژمارەکانی ١٠-١١و ١٦-١٧.

قەبارەی گۆڤارەکە هەمان قەوارەی گۆڤاری هەڵبژاردنە. گۆڤارەکە دیزاینێکی پێشکەوتوی هەیە، رەنگ بە شێوەیەکی فراوانو هونەرمەندانە تێیدا بەکار هاتووەو لە هەندێ ژمارەدا کاریکاتێر و گرافیکیشی تێدا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام ژمارەی لاپەڕەکانی بەپێی زۆرو کەمیی بابەتە بڵاوکراوەکان، لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازە. چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچێ کە ژمارەی لاپەڕەکانیان لە خوار سەد لاپەڕەوەیە، ژمارەی لاپەڕەی ژمارەکانی تر لە نێوان ١٠٢و ١٥٨ لاپەڕە دایە.

ژمارەیەکی زۆر نوسەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە شاناز رەمزی، کاوسێن بابەکر، هاوژین مەلا ئەمین، زانا حەمە غەریب، بنار عەبدولکەریم، هۆشمەند جەلال محەمەد، ئەرسەلان حەسەن، عەبدولڕەحمان قادر غەفور، کۆراڵ تۆفیق، رێبوار تۆفیق حاجی بەنگینە، ئاراس عومەر، نەوزاد ساڵح، نیگار عومەر، کارزان محەمەد، نەریمان مەجید، روخۆش غەریب، عومەر محەمەد ئەمین، چێنەر عەلی جۆلا، شەفیقی حاجی خدر، خەلیل عەبدوڵلا، دلاوەر حەمە، کەمال رەزا ئەحمەد، بورهان عەبدوڵلا عەتار.

## دەنگی ژنان (بڵاوکراوە)

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیریی مانگانەیە، راگەیاندنی لقی سلێمانیی یەکێتیی ژنانی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٩ دەری کردووە. چل ژمارە لەم بڵاوکراوەیە دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە ٣ی ئەیلولی ١٩٩٥و ژمارە ٤٠ لە ٣ی ئابی ١٩٩٩دا دەرچووە.


دەنگی ژنان
ژن ـ خەبات ـ ژیان
بڵاوكراوەیەكی رۆشنبیری مانگانەیە راگەیاندنی یەكێتی ژنانی كوردستان / لقی سلێمانی دەریدەكات
ژمارە / ٤ هەینی ١ /١٢/ ١٩٩٥
توندوتیژی دژی ژنان كێشەیەكی جیهانییە و پێشێلكردنی
مافی مرۆڤی ژنانە دەبێ بنبربكرێت ...

خاوەنی ئیمتیازی بڵاوکراوەکە کوێستان محەمەد عەبدوڵڵایە، سەرنوسەرەکەی ئەختەر سابیر گردعازەبانییەو بەڕێوەبەری نوسینی تارا شێخ عوسمانە.

ڕێبازی بڵاوکراوەکە ڕێبازی بانگەشەکردنە بۆ چاککردنی ڕەوشی ژنانی کوردستانو بەدی هێنانی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا. لەم سەروبەندەدا بڵاوکراوەکە لەگوتارە میدیاییەکەیدا تیکۆشانێکی زۆری بۆ گۆڕینی یاسای باری کەسێتی بەقازانجی ژنان نواندوەو بەرپەرچی توندوتیژیی دژ بەژنانی داوەتەوەو بانگەشەیەکی سیستماتیکیی بۆ دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کردوە.

بڵاوکراوەکە مانگانە دەرچووەو چەند نوسەرێك بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە ڤینۆس فایق، جەمیلە مەحمود کەریم، دکتۆر پەرژین ئەحمەد، شیرین ك، پەیمان عیزەددین، پەروین نوری.

## دەنگی شۆڕشی عیراق (گۆڤار)


دەنگی شۆڕشی عیراق
یەكێتی نیشتمانی کوردستان / دەزگای راگەیاندن
ژمارە ١ ئەیلول ساڵی ١٩٨٣

گۆڤارێکە تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. بڕیار وابوو مانگانە دەر بچێ و هەر ژمارەیەك چەپکێك لەو وتارانە بگرێتە خۆ کە لە ماوەی مانگی رابردوودا لە ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عیراق پەخش کراون. هەروەها نیاز وابوو ئەو لێدوانە فەرمی و روونکردنەوەو بەیاننامانەی تێدا بڵاو بکرێتەوە کە لەو ماوەیەدا دەرچوون.

ژمارە ١ی ئەم گۆڤارە لە دووتوێی ٢١ لاپەڕەو بەئەندازەی نیو فولسکاب لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو بەچاپ گەیشتووەو لە ئەیلولی ١٩٨٣دا دەرچـووە. ژمارەکە دوو بەیاننامەی لەخۆ گرتووە، یەکێکیان بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتییە دەربارەی شەڕی ناوخۆ، ئەوی تر لێدوانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە سەبارەت بەهێرشی لایەنەکانی بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی ٣ لە وەرتێ.

ژمارە ٢ لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە و تایبەت بووە بە ٩ وتاری پەخشکراوی بەرنامەی «خەباتی گەلان»ی سەربەست حسێن. وتارەکان تایبەت بون بە ئەزموونی خەباتی ٩ وڵاتی ئەفریقیا و لەو ژمارەیەدا پێشەکییەکی کورتیان بۆ نوسراوە. لە کۆتاییدا پاشەکییەک بۆ هەڵسەنگاندنی خەباتی گەلانی ئەفریقیا لە لایەن ئامادەکاری بەرنامەکەوە، کە بەتایبەتی بۆ ئەو ژمارەیە نوسرابوو، بڵاوکراوەتەوە.

بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارەکە بۆ دیکۆمێنت کردنی ئەرشیفی وتارە پەخشکراوەکانی ئێزگە خۆی لە خۆیدا بیرۆکەیەکی باش بوو. لە راستیدا ئەرشیفی میدیای بیستراو زۆر لە ئەرشیفی میدیای خوێندراو دەوڵەمەندتر بوو، چونکە میدیای بیستراو رۆژانە بوو، لە کاتێکدا میدیای خوێندراو لەبەر نەبونی رۆژنامەی رۆژانە نەیدەتوانی هاوتەریبی پێشهاتە خێراکان بێ، بەڵکو بەپێی توانای ماددی و تەکنیکی و واقیعی، میدیایەکی مانگانە و وەرزی بوو. سەرەڕای دەوڵەمەندیی ئەرشیفی میدیای بیستراو کە خۆی لە بابەتە پەخشکراوەکانی ئێزگەدا دەبینێتەوە، ئەوەی کە لەو ئەرشیفە بەدەستمان گەیشتووە، ناگاتە ١٪. بە پێچەوانەوە، زۆربەی فەوتاوە.

لەدەستدانی ئەو ئەرشیفە بە مانای لەدەستدانی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زانیاری دێ. ئەگەر گۆڤارەکە بەردەوام بوایە ، لانی کەم بەشێکی بەرچاوی ئەرشیفی ئێزگەمان چنگ دەکەوت.

بەشێکی ئەو بابەتانەی کە لە ئێزگە پەخش کراون، بەیاننامەو لێدوانی فەرمی بووە، بەشێکیشی وتاری سەرەکی بووە کە گوزارشتی لە رای فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە، هەندێکی دیکەشی ئەو کۆمێنتانەن کە وەڵامی لێدوانە فەرمییەکانی حکومەتی عیراق و بەرەی جودیان پێ دراوەتەوە. هەرچەند بەشێك لەو بابەت و وتارو لێدوان و کۆمێنتانە لە رۆژنامەی «رێبازی نوێ» بە کوردی و لە رۆژنامەی «شەرارە» بە عەرەبی بڵاو کراونەتەوە، بەڵام بڵاونەکراوەکە زۆر لە بڵاوکراوەکە زۆرترە، کە ئەمەش بەم واتایە دێت کە بەشێکی زۆر و گرنگی ئەرشیفەکە لە کۆتاییدا فەوتاوە. گۆڤارەکە هەوڵێك بوو بۆ کردنی بەشێکی میدیای بیستراو بە میدیای خوێندراو. بەڵام دیارە پرۆسەکە زۆر بە سستی بەڕێوە چووە، چونکە ژمارە ٢ ی گۆڤارەکە پاش ساڵێکی رەبەق لە دەرچونی ژمارەی یەکەم دەرچووە.

ئەگەرچی پرۆژەکە لە ناوەڕۆکدا دوورییەکی دیکۆمێنتاریی هەیە، بەڵام مەبەستی سەرەکیی دەرکردنی گۆڤارەکە دیکۆمێنت کردن نەبوە. سەروتاری یەکەم ژمارە بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارەکە زۆرتر بە ململانێی دژ بە نەیارە سیاسییەکانەوە دەبەستێتەوەو تێیدا هاتووە کە بە پێویست زانراوە وتارەکانی ئێزگە «بە چاپکراویش» بخرێنە بەر دەستی خوێنەران بۆ ئەوەی «باشتر لە نەخشەو پیلانە گڵاوەکانی دوژمنانی کوردو هەڵوێستی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاگادار بن». دیارە ژمارەی دووەم لە دۆخێکی هێورتردا دەرچووە، بۆیە بابەتەکانی گۆڤارەکە بۆ دیکۆمێنت کردنی وتارە پەخشکراوەکانی بەرنامەی «خەباتی گەلان» تەرخان کرا بون و ئەگەر گۆڤارەکە هەر دەرچوایە، دەیتوانی بەشێکی گرنگی وتارە پەخشکراوەکانی بەرنامەکانی تریش لە فەوتان رزگار بکا.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە بەشێکی کەمی ئەرشیفی ئێزگە لە رۆژنامەکانی « رێبازی نوێ» و «شەرارە» بڵاوکراوەتەوە بەڵام لە هەردوو رۆژنامەدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە ئەو بابەتانە پێشتر لە ئێزگە پەخش کراون، لەوانە ئەو وتارانەی کە بە باش زانراوە لە رۆژنامەکان بڵاو بکرێنەوە، هەروەها چالاکییەکانی

هێزی پێشمەرگە کە لە رۆژنامەکاندا بە کوردی و عەرەبی بە شێوەی پاشکۆ بڵاوکراونەتەوە. بەڵام، بە شێوەیەکی گشتی، دەست هەڵگرتن لە دەرکردنی گۆڤارەکە بەڵگەیەکی رونە لەسەر تێنەگەیشتنی بەهای ئەرشیف و لاوازیی هۆشیاریی دیکۆمێنتاری لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا.

## دەنگی گەلی کوردستان (ئێزگە)

ئێزگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. یەکەم ئێزگەی شۆڕشە پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥.

ئەگەرچی ئامێری رادیۆکە لە ساڵی ١٩٧٦ پەیدا کرابوو، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٩هەلومەرجێکی لەبار بۆ دامەزراندنی ئێزگە لە ئارادا نەبوو، ئامێری رادیۆکە لەسوید پەیدا کرا و لەوێوە گوێزرایەوە بۆ سوریا. توانای ئامێرەکە یەك کیلۆ وات بوو، لە دوو پارچەی ترانسمیتەرو ئەمپلیفایەر پێك هاتبوو. لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦دا، بەناو خاکی تورکیادا، گەیەنرایە ناو خاکی هەرێمی کوردستان.

بە درێژایی نزیکەی سێ ساڵ دەرفەتێکی لەبار بۆ دانانی ئێزگە پێك نەهات. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ دا روخانی رژێمی شا لە ئێران، ئەو دەرفەتەی پێك هێنا. لە شوباتی ئەو ساڵەدا تاڵەبانی داوای کرد بە پەلە پەیوەندی بە ئەندازیاری تەکنیکار تەڵعەت محەمەد گلییەوە بکرێ کە لە ساڵی ١٩٦٤ وە لە کوێت جێگیر ببوو و ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە ناوچەی سەرکردایەتی و دەست بە دانانی ئێزگەکە بکا. زۆری نەبرد گلی گەیشتە ناوزەنگ و دەستی بە دامەزراندنی ئێزگەکە کرد لە زەڵێ. پاش بڕینی قۆناغی ئەزمونی بە سەرکەوتویی، ئێزگەکەی لەسەر داوای سەرکردایەتی گواستەوە بۆ گوندی نۆکان، خۆیشی گەڕایەوە بۆ کوێت.

لە ٢١ی ئازاردا ئێزگەکە بە ناوی ئێزگەی دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بە وتارێکی تاڵەبانی، پەخشی فەرمیی بەرنامەکانی دەست پێ کرد. لە هەلومەرجی ئەو قۆناغەدا، بەگەڕکەوتنی ئێزگە بە گەورەترین روداو لە مێژوی میدیای سەردەمی پێشمەرگایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت، دەژمێردرێ.

یەکەم بارەگای لەگوندی نۆکان لەسەر سنوری عیراق- ئێران دانرا و یەکەم دەستەی بەڕێوەبردنی لە فازل کەریم ئەحمەد وەک لێپرسراو، فەرید ئەسەسەرد وەک لێپرسراوی بەشی عەرەبی، موحسین عەلی ئەکبەر وەک لێپرسراوی بەشی کوردی، پشکۆ سەعید ناکام وەک مۆنتێرو بێژەری کوردی و عەرەبی پێکهاتبوو.

پاش ماوەیەك بارەگای ئێزگە بۆ تووژەڵە گوێزرایەوەو پاشان بۆ گردی مامەوڵا بەرامبەر بەگوندی داوداوێ لەپشت دۆڵەتوو. نزیکەی سێ مانگ بە ناوی دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەخشی کردووە. پاشان لە کۆبوونەوەیەکی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقدا لە ناوزەنگ لە حوزەیرانی ١٩٧٩ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نوێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب و باڵی حزبی بەعسی سەر بە سوریا، بڕیار درا ناوی ئێزگەکە بکرێ بە دەنگی شۆڕشی عیراق و دوا بەدوای ئەمە، هەر سێ لایەن کۆبوونەوەیەکیان بە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئێزگەکە کرد بۆ ئاگادارکردنیان لە بڕیاری گۆڕانی ناوی ئێزگەکەو تاوتوێ کردنی هەندێ مەسەلەی تایبەت بەبواری راگەیاندن. لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧٩وە ئێزگە بە ناوی دەنگی شۆڕشی عیراق دەستی بە پەخش کردن کرد.

سەرەتای ئەیلول ئێزگە پەکی کەوت و گوێزرایەوە بۆ زەڵێ. لە حوزەیرانی ١٩٨٠دا هەوڵێکی زۆر بۆ بەگەڕخستنەوەی رادیۆکە دراو دواتر بە هەوڵ و کۆششی هەمان ئەندازیاری جاری پێشوو توانرا کەموکوڕییەکان چارەسەر بکرێن و ئامادە بکرێ بۆ پەخش کردن.

لە ٢٥ی تەموزدا رادیۆ پەخشی ئەزموونیی دەست پێکردو لە ١ی ئابدا پەخشی بەرنامەکانی بە شێوەیەکی رۆژانە دەست پێکردەوە. لەو ماوەیەدا فەرەیدون عەبدولقادر سەرپەرشتیی رادیۆی دەکردو پاش سەفەری بۆ دەرەوەی وڵات، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رادیۆ بە سالار عەزیز سپێردرا. هەر ئەو ساڵە ئەرسەلان بایز کرایە لێپرسراوی رادیۆو دواتریش کرایە لێپرسراوی دەزگای راگەیاندن بە هەردوو بەشی چاپخانەو رادیۆوە. ساڵی ١٩٨٢ رێکەوت عوسمان کرایە لێپرسراوی رادیۆ.

لە قۆناغی توژەڵەدا کادیرەکانی رادیۆ بەمجۆرە بەسەر بەشەکاندا دابەش کرابوون: بەشی کوردیی کرمانجیی خواروو: رێکەوت عوسمان و هەڤاڵ کوێستانی، بەشی کوردیی کرمانجی سەروو: یوسف زۆزانی و بەشار ئیسماعیل ناسراو بە زێرەڤان، بەشی عەرەبی: یوسف زۆزانی و ئازاد رەفیق چالاك، بێژەرەکان: فەرهاد سەنگاوی بۆ کوردی و ئازاد رەفیق چالاك بۆ عەرەبی، ئەندازیارانی تەکنیکار: عەبدولخالق یوسف حەسەن، رەنج عەبدولحەمید محەمەد و فەرەج عەبدولڕەحمان ناسراو بە پشتیوان.

نەورۆزی ساڵی ١٩٨٣ بارەگای رادیۆ وەك بەشێك لە دەزگای راگەیاندن، بۆ باوزێ گوێزرایەوەو بۆ ماوەی هەفتەیەك بە هۆی گواستنەوەکەوە پەخش راوەستا. لەبەر تۆپ باران کردنی ناوچەکە، بارەگای رادیۆ بۆ سەرشیو گوێزرایەوە کە زۆر لە باوزێوە دوور نەبوو. بەڵام ئەم شوێنەش دوور نەبوو لە مەترسی. هێزەکانی عیراق بارەگاکەیان تۆپ باران کردو هێرشێکی فراوانیشیان کردە سەر گردە بێناس و لە ئەنجامی گرتنی گردەکەدا، بارەگای راگەیاندن کەوتە ژێر هەڕەشەی هێزەکانی عیراقەوە. لە کۆتایی ئایاردا هەموو بارەگای راگەیاندن ناوچەکەی چۆڵ کردو کەلوپەلەکان بە دۆڵی سەفرەو زەرونداگەیەنرانە گوندی وڵاخلوو لە دۆڵی جافەتی. لەوێ بارەگای رادیۆ لە بەرگەڵوو دامەزرا.

لە باوزێ چەند کادیرێك بۆ رادیۆ گوێزرانەوە لەوانە فەرید ئەسەسەرد و هەڤاڵ کوێستانی لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵەوە، فەرهاد رەسوڵ لە دادگای شۆڕشەوە. لە بەرگەڵوش سەربەست حسێن پەیوەندیی بەرادیۆوە کرد.

تا ئەو کاتە پەخشی رادیۆ هیچ تەشویشی لەسەر نەبوو، بەڵام پاش پچڕانی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٥، لە سەرەتای مانگی شوباتدا حکومەتی عیراق تەشویشی خستە سەر پەخشی رادیۆ. هەر ئەو ساڵە ناوی ئێزگە گۆڕا و بووە دەنگی گەلی کوردستان.

لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا بەهۆی پەرەسەندنی شەڕی عیراق- ئێران و هانا بردنی رژێمی عیراق بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان، هەلومەرجێکی دژوار بۆ هەڵسوڕانی ئاسایی رادیۆ هاتە ئاراوە. بۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ەوە بارەگایەکی یەدەك بۆ رادیۆو چاپخانە لە دۆڵەکۆگە دانرا.

لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧دا و لە رەوتی رێکخستنەوەی دەزگای راگەیاندندا، فەرید ئەسەسەرد کرایە ئەندامی مەکتەب و لەم سەروبەندەدا مەکتەبی راگەیاندن لە فەرید

ئەسەسەرد، یوسف زۆزانی و سامی شۆڕش پێک هات. لەم گۆڕانکارییانەدا فەرید ئەسەسەرد بوو بەلێپرسراوی رادیۆو لێپرسراوەتییەکانی ناو بارەگای رادیۆ بەم جۆرە دابەش کران: ئازاد چالاك لێپرسراوی بەشی عەرەبی، سەربەست حسێن لێپرسراوی بەشی شێوەزاری کرمانجیی خواروو، بەشار ئیسماعیل لێپرسراوی بەشی شێوەزاری کرمانجیی سەروو، فەرهاد سەنگاوی لێپرسراوی بێژەرەکان، رەنج عەبدولحەمید محەمەد لێپرسراوی بەشی تەکنیکی.

ساڵی ١٩٨٨ کاتێك هێزەکانی عیراق بە چەکی کیمیایی لە دۆڵی جافەتییان دا و گەرم و گوڕیی شەڕ گەیشتە ئاستێکی ترسناك، بڕیار درا بەشێکی کادیرەکانی رادیــۆو چاپخانە بچن بۆ بارەگا یەدەگەکەی دۆڵەکۆگە. پاش ماوەیەك پەخشی رادیــۆی بارەگاکەی بەرگەڵوو لەبەر سەختیی شەڕەکان راگیراو پەخشی رادیۆکەی بارەگای دۆڵەکۆگە لەسەر هەمان شەپۆل دەستی پێکرد.

مانگی تەموز بارەگای رادیۆ گوێزرایەوە بۆ چیای بەفری میری کە دەڕوانێتە سەر شاری هەڵەبجەو بۆ ماوەی کەمتر لە هەفتەیەك لەوێ پەخشی کرد، بەڵام پاش ئەوەی ئێرانییەکان دەستیان کرد بە کێشانەوەی هێزەکانیان لە ناوچەکەو عیراقیش کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ ناردنی هێز، بارەگای رادیۆ پێچرایەوەو برایە دەرەتفێ و لەوێوە برایە شارۆچکەی پاوە. لەوێوە کەلوپەلەکان رادەستی فەرید ئەسەسەرد و پشکۆ عەبدولخالق کران تاکو بیگوێزنەوە بۆ قاسمە ڕەش.

لە هەلومەرجی دژواری پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و بڕانەوەی جەنگی عیراق- ئێران، یەکێتی بۆ ماوەی سێ مانگ بە بێ رادیۆ مایەوە. پاشان لە کۆتایی ئابدا، رادیۆ لە سەقز لە ئێران دانراو لە ١٨ی تشرینی یەکەمدا کەوتەوە پەخش کردن.

لە سەقز دەستەی بەڕێوەبردن و ستۆدیۆ لەگەڕەکی بلوار دانرا و دەزگای پەخش کردنیش لەگەڕەکی حەماڵ ئاوا. توانای دەزگای پەخش کردن پێنج کیلۆ وات بوو، لەسەر شەپۆلی ٧٥ مەتری کاری دەکرد. ئازاد چالاك کرا بە لێپرسراوی رادیۆ.

پاش گرتنی کوێت لە لایەن عیراقەوە لەئابی ١٩٩٠و پەرەسەندنی نارەزایی کۆمەڵی نێودەوڵەتان لەم هەنگاوەی عیراق، ئاسۆی گۆڕانکارییەك لە دوورەوە بۆ کورد دەرکەوت. لەم هەلومەرجەدا بەرنامەکانی رادیۆ گوڕو تین و خرۆشانێکی زۆرتریان بەخۆوە بینی و وردە وردە رادیۆکە پێگەی جارانی خۆی بەدەست هێنایەوە.

لە تشرینی یەکەمەوە رادیۆ، بەپێی رێنماییەکانی سەرکردایەتی، هەموو ئامادەکارییەکی پێویستی بۆ قۆناغی راگەیاندنی راپەڕین ساز کرد و بۆ ئەم مەبەستە دەزگایەکی پەخشی ٤١ مەتری لە زەڵێ دانرا. لە ٢٦ی شوباتی ١٩٩١دا لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی زەمینی بۆ سەر هێزەکانی عیراق لەکوێت، ئەو کادیرانەی بۆ کارکردن لە رادیۆکەی زەڵێ دەستنیشان کرابوون، هەموویان لەسەقزەوە بەرێ کەوتن بۆ زەڵێ. بەمجۆرە، لەو کاتەدا هەردوو رادیۆ کەوتنە پەخش کردن.

لەو کاتەدا کادیرەکانی رادیۆی سەقز ئەمانە بوون: یوسف شەریف، مەحمود رەزا، ئازاد چالاك، فەرەج عەبدولڕەحمان، شوان کەریم کابان، غالب محەمەد ناسراو بە رەوەز، فریاد رەواندزی، بەشار ئیسماعیل، جەمال یوسف، عەبدولمەجید زەنگنەو بەرزان عوسمان. کادیرەکانی رادیۆی زەڵێ ئەمانە بوون: موحسین عەلی ئەکبەر، عەباس بەدری، عەبدولڕەحمان ئیسماعیل، ئازاد جندیانی، باست حەمە غەریب، رێدار عەبدوڵلا، بەختیار عومەر، جەلیل حەمە مورادو یاسین رەئوف. هەردوو رادیۆ

بەدرێژایی ئەو ماوەیە رۆژانە ١٦ سەعات پەخشیان هەبووە، لەسەعات ٧ی بەیانییەوە تا ١٢ی شەوو بەم شێوەیە توانییان رۆڵێکی دیار لە راپەڕینی ١٩٩١ دا بگێڕن.

لەبەر دووریـی جێی هـەردوو رادیـۆ لە شوێنی رووداوەکان، بڕیار درا هەردوو رادیۆ بۆ ناو شارەکان بگوازرێنەوە. بەم پێیە، لە ١٥ی ئازار رادیۆی زەڵێ بەڕێ کرا بۆ رانیە، رادیۆکەی سەقزیش هەمان رۆژ بەڕێ کرا بۆ سلێمانی.

رادیۆکەی زەڵێ بۆ رۆژی دواتر گەیشتە رانیەو هـەر ئـەو رۆژە پـاش دامـەزرانـدنـی خـرایـە گـەڕ. رادیۆکەی سەقز شەو لەگوندی کانی خان مایەوەو بۆ رۆژی ١٧ی ئازار گەیشتە سلێمانی و لەگردی عەلی ناجی کەوتە گەڕ. پاشان رادیۆکەی زەڵێش گەیشتە سلێمانی و لەگەڵ رادیۆکەی تردا یەکی گرتەوە.

لە ١ی نیساندا، پاش خۆ ئامادەکردنی هێزەکانی عیراق بۆ هێرش کردنە سەر سلێمانی، هەردوو رادیۆ بۆ چیای ئەزمەڕ گوێزرانـەوەو لـەوێ رادیـۆ ٧٥ مەترییەکە خرایە گەڕ. شەو رادیۆ ٤١ مەترییەکە خرایە ئیڤایەك و بۆ گوندی کانی خان گوێزرایەوە. بۆ بەیانییەکەی رادیۆ ٧٥ مەترییەکە پێچرایەوەو لە ڕێگەی سیتەك- دوکانیان- عەربەتەوەو لەوێوەوە بەرەو تەوێڵە بەڕێ کرا.

رادیۆ ٧٥ مەترییەکە کە بە هۆی کەموکوڕیی تەکنیکییەوە لە کار کەوتبوو، برایەوە بۆ سەقزو ٤١ مەترییەکە خرایە گەڕو پاشان لە ماوەت دامەزرا. رادیۆ ٧٥ مەترییەکە پاش ئەوەی کە لە سەقز چاك کرایەوە، هێنرایەوە و لە قەسرێ دانراو لە ٢٤ی ئایار دەستی بە پەخش کردن کرد. دواتـر هـەردوو رادیۆ لەگەلاڵە دامـەزران. لە کانونی یەکەمی ١٩٩١دا لە کاتی سەرهەڵدانی بزاوتی مانگرتنی لاوان لە کوردستان لە دژی ئابڵوقەی ئابوری، ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان پشتگیریی بزاوتەکەی کرد، چرکە بە چرکە رومالی هەواڵەکانی کرد، دەنگی مانگرتووەکانی بە جیهان گەیاندو لە بانگەوازێکدا بۆ هەموو میدیا کاریگەرەکانی جیهان، بزاوتەکە و داواکـانـی مانگرتووانی بە دنیا ناسـاند. لەم سـەروبـەنـدەدا بیست و پێنج مـانـگـرەکـەی شـاری سلێمانی رایانگەیاند کە ناتوانن هیچ مانگرێکی تر لە ریزەکانیان وەرگـرن بـەڵام لە سۆنگەی ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی کە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بەرامبەر بە مانگرەکان و بزاوتەکەیان نواندویەتی، بڕیاریان داوە خەڵاتی شانازی پێشکەش بە ئێزگە بکەن و پلەی «مانگر»ی پێ ببەخشن. لەم سەروبەندەدا رۆژنامەی «شـەرارە» لە ژمارە ٦ی خولی هەشتەمدا نوسیویەتی کە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بەم بڕیارە «بۆتە بیست و شەشەمین بەشداربوی مانگرتنەکە».

سـەرەتـای سـاڵـی ١٩٩٣ ئـێـزگـە بـۆ سلێمانی گـوێـزرایـەوەو یـەك بـەڕێـوەبـەرایـەتـی بـۆ ئێزگەو تەلەفزیۆن پێك هات. ساڵی ١٩٩٦ ئێزگەو تەلەفزیۆن لێك جیا کرانەوەو بارەگای ئێزگە لە چوارتا دانرا.

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە ماوەی نێوان ١٩٧٩-١٩٩١دا کاریگەرترین ئـامـرازی میدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. رۆڵێکی گەورەو کارای لە جوڵانەوەی سیاسی و بانگەشەکردن بۆ سیاسەت و هەڵوێست و تێڕوانینەکانی یەکێتیی نیشتمانی گێڕاوە، هـەروەك رۆڵێکی ئەکتیڤیشی لـە هـۆشـیـارکـردنـەوەی سیاسی و رومـاڵ کردنی هـەواڵـەکـان و بـڵاوکـردنـەوەی گیانی بـەرخـودان و خۆڕاگریدا هەبوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* مانگرتنی لاوان (چالاکیی مەدەنی).

## پاشکۆی ژماره ١

### ناوی ئەو کادیرانەی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خزمەتیان کردووە
### ١٩٧٩-١٩٩١

أ-کادیرەکان:
١-فازڵ کەریم ئەحمەد.
٢-موحسین عەلی ئەکبەر.
٣-یوسف زۆزانی.
٤-سالار عەزیز.
٥-فەرید ئەسەسەرد.
٦-ئازاد رەفیق چالاك.
٧-پشکۆ سەعید ناکام.
٨-فەرهاد سەنگاوی.
٩-هشیار عابد.
١٠-ئازاد جندیانی.
١١-ئەرسەلان بایز.
١٢-سدیق ساڵح عەزیز.
١٣-فەیسەل عەبدولڕەحمان.
١٤-فایز یونس.
١٥-یاسین رەئوف.
١٦-بەشار ئیسماعیل ئەحمەد.
١٧-شوان کەریم کابان.
١٨-هەڤاڵ کوێستانی.
١٩-فەرهاد رەسول.
٢٠-سەربەست حسێن.
٢١-فریاد رەواندزی.
٢٢-دڵگیر جەمال رەفعەت.
٢٣-ئاراس ئیبراهیم محەمەد.
٢٤-عەدنان محەمەد وەلی.
٢٥-رێکەوت عوسمان.
٢٦-خەلیل دهۆکی.
٢٧-محەمەد فەتاح.
٢٨-خالید دۆسکی.
٢٩-ئازاد جەلال.
٣٠-ئارام ئەحمەد محەمەد.
٣١-جەمال محێدین.
٣٢-مەحمود رەزا.
٣٣-عەبدولمەجید زەنگەنە.
٣٤-باست حەمە غەریب.
٣٥-چیا قادر کەریم.
٣٦-حەیدەر حسێن.
٣٧-حسێن بەفرین.
٣٨-عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل.
٣٩-دڵشاد عەبدوڵڵا.
٤٠-عەباس بەدری.
٤١-بەختیار عومەر.
٤٢-جەلیل حەمە موراد.
٤٣- یوسف شەریف.
٤٤-غالب محەمەد.
٤٥-رەعد بەشیر ئەسکەندەر.
٤٦-زوبێر عەبدولڕەحمان.
٤٧-بەرزان عوسمان.
٤٨-پەیمان عومەر.
٤٩-بەیان حەسەن ئەحمەد.
٥٠-عەبدوڵڵا وەهاب خانەقینی.
٥١-نەرمین ساڵح.

تێبینی: ئەم لیستە لێپرسراوەکان، نوسەرەکان، بێژەرەکان، دەرهێنەرەکان، وەرگێڕەکان و ئامادەکارانی بەرنامەکان دەگرێتەوە.

ب-هاوکاران:
١-شێرکۆ بێکەس.
٢-برایم حسێن عەبدوڵڵا.

٣-جەوهەر کرمانج.
٤-دکتۆر رەفیق سابیر.
٥-محەمەد رەنجاو.
٦-ئازاد خانەقینی.
٧-مەدحی مەندەلاوی.
٨-عومەر بیبانی.
٩-عەبدولمەوجود شنگالی.
١٠-ئاکۆ سالْح قادر.
١١- دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## دەنگی گەلی کوردستان بۆچی؟

هەندێ لایەن مەسەلەی مافی چارەی خۆنوسین و گۆڕینی ناوی دەنگی گەلی کوردستانیان (لەدەنگی شۆڕشی عیراقەوە) بۆ دەنگی گەلی کوردستان وروژاندووەو وایان لێك داوەتەوە کە ئەمە بادانەوەیە بەلای گۆشەگیریی نەتەوەییداو کۆسپێکیشە لە بەردەم گەڕانەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ناو بەرەی جەوقەد. دیارە ئەمەش پێویستی بەم رونکردنەوانە هەیە:

یەکەم، هۆی بنچینەییو راستەقینەی گۆڕینی ناوی دەنگی گەلی کوردستان لە دەنگی شۆڕشی عیراقەوە بۆ دەنگی گەلی کوردستان ئەوەیە کە دەبێ ناو هاوجوت بێ لەگەڵ ناونراوداو دەبێ ناوەکە بەوردی گوزارشت لە ڕاستی بکا. کاتێك دەنگی گەلی کوردستانمان دامەزراند، ئەو شۆڕشەی کە لە کوردستان هەڵایساوە، وەك شۆڕشێکی عیراقی راگەیەندرابوو، ئەویش بەپێی رێککەوتنێك لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی نیشتمانیی کوردستان و کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقدا، هەروەها لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەموو ئەو لایەنانەی جەوقەددا کە بە شێوەیەکی فەرمی پشتگیریی شۆڕشیان کردووەو بەشداریشیان تێدا کردوە، هەرچەند بەشداری کردنەکە بەکردەوە بەشدارییەکی کارا نەبوە.

لەو کاتەدا سەرکردایەتیی عیراقی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب (باڵی سەر بە سوریا)و رێکخراوی سوپای رزگاریی گەلی عیراقو رێکخراوی نیشتمانپەروەرە دیموکراتە تورکمانەکان پرۆگرامی تایبەتیان هەبوو و لە دەنگی گەلی کوردستان پەخشیان دەکرد.

بەڵام پاش دەرهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە جەوقەد (١٩٨٤) رەوشەکە گۆڕانی بەسەردا هات. لێرەدا نامانەوێ بچینە سەر باس کردنی ئەم دەرهێنانە کەئێمە بەهیچ جۆرێك لێی داخ لەدڵ نین، بەڵام دەبێ بچینە سەر باس کردنی ئاکامەکانی کەبوونەتە مایەی نەمانی هیچ ئەرکو لێپرسراوەتییەك لەسەر شانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرامبەر بە جەوقەد. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتاقی تەنیا وەك پێشەنگی هێزەکانی ئەو شۆڕشە ماوەتەوە کە خۆی هەڵی گیرساندووەو خۆیشی رابەرایەتیی دەکات. ئەم شۆڕشە بەکردەوە شۆڕشی کوردەو لەمەیدانو جەماوەرو بنکەدا کوردستانییە. ئاخۆ چۆن دەتوانرێ ئەم فاکتە دیارو رۆشنانە بەئارەزوی ئەم و ئەو ئاوەژوو بکرێنەوە؟ ئەمە راستییەکی بنەڕەتییە. راستییەکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناتوانێ (کەسیش نایەوێ) ببێ بە نوێنەری شۆڕشی عیراقو بزاڤی پێشکەوتنخوازی عیراق بە بزوتنەوەی چینی کرێکاری عیراقو بزوتنەوە جەماوەرییەکانی ترەوە وەك بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب (بە ڕەهەندە بەعسیو ناسرییەکانەوە)و بزوتنەوەی دیموکراتیی عیراق. ئەم بزوتنەوانە بزوتنەوەی عەرەبی عیراقنو

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رۆژێ لە ڕۆژان لافی ئەوەی لێ نەداوە کە رۆڵی لە ناویاندا هەیە. هەموو مەسەلەکە ئەوەیە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەوساو ئێستاش، هەڵگری راستەقینەی دروشمی هاوخەباتیی کوردو عەرەبەو خۆی بە هاوپەیمانی کارای ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە شۆڕشگێڕانە دەزانێو خوێنی لەم پێناوەدا بەخشیوە.

رۆژنامەی شەرارە لە یەکەم ژمارەوە لە لاپەڕە یەکدا بانگەشەی بۆ ناوەڕۆکی ئەم دروشمە کردووە کەگوزارشت لەئەرکی بنەڕەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات: «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەوڵ دەدا هێزە نیشتمانیو دیموکراتییەکانی شۆڕشی کورد لە یەکێتییەکی نیشتمانیی دیموکراتیدا رێك بخا کە دەستەبەری پێکەوە ژیانی رەوتە پێشکەوتنخوازەکانو یەکگرتنەوەی تێکۆشەرانەی توندوتۆڵی ئەو رەوتانەیە لە ژێر ئالآی سەرکردایەتیی ئەو پێشڕەوە شۆڕشگێڕە کوردستانییەی کە لە ئایندەدا هەر پەیدا دەبێ».

بۆیە کەس بۆی نیە پاش گۆڕانی رەوشەکان، نارەزایی دەربڕێو دژی ئەوە بێ مەسەلەکە بگەڕێتەوە سەر رێچکەی ئاسایی خۆیو پێی ناخۆش بێ دروشمو ناوەکان بەوردی گوزارشت لەفاکتەکە بکەن. سەربار، ئێمە راهاتوین فاکتە هەڵهێنجراوەکان کەگوزارشت لە راستییەکان دەکەن، بە شێوەیەکی راشکاوانە بخەینە بەردەم گەلەکەمانەوە. راستییەکە ئەوەیە کە دەنگی گەلی کوردستان پێش هەموو شتێك دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو پاشانیش دەنگی گەلی کوردستانە کە زۆرینەکەی لە دەوری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبۆتەوە. بۆیە بەگۆڕینی ناوی دەنگی گەلی کوردستان، هیچ گۆڕانێك بەسەر ستراتیجو بەرنامەو دروشمەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا نەهاتووە، وەك پرۆگرام و بڕیاری کۆنفرەنسە رێکخراوەییەکان و کۆبونەوەی کادیران و سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گوزارشتیان لێ کردووە.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارەی نیسانی ١٩٨٥ی رۆژنامەی شەرارەدا بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## چیرۆکی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان

### نوسینی: دکتۆر خدر مەعسوم

پاش کرین و گەیشتنی ئێزگە لە لەندەنەوە بۆ سوریا لە ساڵی ١٩٧٥، تەلعەت محەمەد گلی و من دەستمان کرد بە دامەزراندنی ئێزگەکە لە ماڵی دکتۆر فوئاد مەعسوم لە دیمەشق. ئەنتێنمان لە سەربانی باڵەخانەکە جێگیر کرد بە مەبەستی تاقیکردنەوەو چۆنێتیی بەکارهێنان و فێربون. لەو کاتەدا خۆمان بۆ گەڕانەوە ئامادە دەکرد. تەلعەت گلی خەڵکی شاری کەرکوك بوو، ئەندازیاریی ئەلکترۆنیی لە بریتانیا تەواو کردبوو و شارەزاییەکی باشی لە بواری بێتەل دا هەبوو. گلی لەگەڵ خێزانەکەی لە کوێت دەژیا. سەرکەوتووانە ئێزگەکەمان دامەزراند. کاسێتێکی تیپی باواجیی کۆیەم هەبوو. کاسێتەکەم لە ئێزگەکە پەخش کرد. یەکەم جار بوو گۆرانیی کوردی بە ئاسمانی دیمەشقدا بڵاو ببێتەوە. مام جەلال لە سەربانی ماڵەکەی خۆی پەیتا پەیتا لە چۆنێتیی وەرگرتنی پەخشەکە ئاگاداری دەکردینەوە.

دەزگای ئاسایشی سوریا کەوتنە گەڕان بە شوێن سەرچاوەی پەخشی ئێزگەکەدا. پێشتر یەکێتی دەزگای ئاسایشی لەم چەشنە کارە ئاگادار نەکردبۆوە. ئێوارەی رۆژی دووەم دەستمان کردەوە بە پەخش. دوای نیو سەعات، دەوری ماڵەکەمان گیراو

من و تەلعەت گلی بۆ دەزگای هەواڵگری راپێچ کراین. هەر کەسێ بچوایەتە ئەو شوێنە، بە چەند شەق و زللەیەك پێشوازیی لێ دەکرا. ئێمەش لەو پێشوازییە بێبەش نەبوین. مام جەلال زوو پێ راگەیی و لە بەندیخانە دەری هێناین. تیپی باواجیی کۆیە ئەو شەرەفەی بەر کەوت کە یەکەم کاری هونەریی ئەو لە ئاسمانی سوریا پەخش بکرێ.

رۆژی دواتـر، بە باشی فێری خستنە کاری ئێزگەکەو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بوم. تەلعەت گلی گەڕایەوە بۆ شوێنی کارکردنی خۆی لە کوێت.

دەربازکردنی ئێزگە بۆ کوردستان:

یەکێك لـە گیروگرفتەکانی گـەڕانـەوەمـان بۆ کـوردسـتـان، پـەڕیـنـەوە بـوو لـە سـنـوری تـورکـیـا. دوای یەکگرتنی میسرو سوریا لە زەمەنی جەمال عەبدولناسر، تورکیا سـنـوری لـەگـەڵ سـوریـا بە تێلی دڕکاوی پەرژین کردبوو، مینی چاند بوو و جەندرمەی بڵاو کردبووەوە. لەبەر ئەوە پەڕینەوە لە سنوری تورکیا بۆ کوردستانی باشور مەترسییەکی گەورە بوو. لەگەڵ ئەوەدا، پەڕینەوە بە بڕینەوەی تێلە دڕکاوییەکان و رۆیشتن بە ناو مینزارەکاندا دەستی پێ کـرد، دوای ئەویش، شـەڕ لەگەڵ جەندرمەو راکردن بۆ ماوەی زیاتر لە یەك کیلۆمەتر. ماشێنی زرێپۆش بە پرۆجەکتەرەوە، شەوانە بە درێژایی سنور لە هاتوچۆدا بوو. بۆیە پەڕینەوە تەنها لە شەوی تاریك ئەنجام دەدرا. من شێوەی پەڕینەوەم بە وردو درێـژی لە ژمـارەی ١٥ی حوزەیـرانی ٢٠١٧ ی «کوردستانی نوێ» دا بڵاوکردۆتەوە.

ئامێری ئێزگە لە دوو پارچە پێکهاتبوو: یەکێکیان کێشەکەی ١٨ کیلۆ گرام بوو کە ئامێری پەخش بـوو. ئـەوی تریان ئەمپلیفایەر بـوو کەکێشی ٤٨ کیلۆ گرام بوو. پەڕینەوە لە سنور بە چەك لە شان و ئەمپلیفایەر لەسەر پشت و راکردن لەو دۆزەخە، کارێکی ئاسان نەبوو. سەید مورسیل حسێن (برای خاڵە سەید مەجید حسێن مورسیل زەمان) کە دواتر شەهید بوو، ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتبوو. سەید مورسیل پێشمەرگەیەکی دێرین بوو. کاتی خۆی یاریزان بوو لە تیپی هەڵبژاردەی فوتبۆڵی هەولێر. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە ئێرانەوە هاتبووە سوریاو پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردبوو.

لە سنورەوە بۆ گوندی نۆکان:

لە سێگۆشەی سنوری عیراق- ئێران- تورکیا، لە دۆڵـی رۆستێ بارەگایەکی کاتیمان دانـا. بە هاتنی زستان و سەرماو باران و بەفر ناچار بوین شۆڕ بینەوە بۆ نـاو گوندەکانی دۆڵـی خواکورك بۆ نـاوچـەی خێڵی بـرادۆسـت. لەبەر بۆردومانی فڕۆکەکانی رژێمی عیراق، ناچار بوین بە رۆژ بچینە دەرەوەی گوندەکان و ئێواران بگەڕێینەوە بۆ ماڵەکان.

هێسترێکمان بۆ گواستنەوەی ئێزگەکە تەرخان کردبوو. هەروەها عەلی عەسکەری پێشمەرگەیەکی بە ناوی ئەحمەد سەلیم راسپاردبوو یارمەتیم بدات و ئاگای لە ئێزگەکە بێ. ئەحمەد سەلیم لە کارەبا شارەزایی هەبوو.

دەبوایە هەموو رۆژ ئێزگەکە ببەینە دەرەوەی گوند لە ترسی بۆردومان کردن. رۆژێکیان لە گوندی جورجان بوین لە دۆڵـی خـواکـورك، بۆ بارکردنی ئێزگەکە کەسێکی شارەزا نەبوو یارمەتیمان بدات. منیش شارەزاییەکی ئەوتۆم لە بارکردن و راگرتنی هاوسەنگیی باردا نەبوو. ئەم وانەیەم لە کۆلیجی پزیشکی وەرنەگرتبوو. دڵی مام ئەحمەدم دایەوەو پێم گوت «ئەگەر سەرکەوتین، پێویستە لە یەکەم بـڕیـاری حکومەتەکەماندا وڵاغ بـارکـردن ببێتە

وانەیەکی سەرەکی لە هەموو پلەکانی خوێندندا».
ئەم قسەیەم مام ئەحمەدی بە تەواوی تورە کرد. ئەو خۆی کابرایەکی بەسالآچوی تورەو تەنگاوو بێ ئارام بوو. دەستی کرد بە جنێودان بە خۆی کە بووەتە پێشمەرگە، پاشان بە عەلی عەسکەری کە بە هۆی ئەوەوە هاتۆتە دەرەوەو توشی ئەم کارەی کردووە. دواتر کەوتە جنێودان بە مام جەلال کە شۆڕشی هەڵگیرساندۆتەوە. لە کۆتاییشدا کەوتە جنێودان بە من و وتی «تۆ ئەگەر شێت نەبویتایە نەدەگەڕایتەوە. خۆت لە لەندەن بویت. چ ئیشت بەم شەڕە شەقە هەیە». دواتر مام ئەحمەد دەستی دایە گاشە بەردێکی زل و بە هەموو توانایەوە بە ئامێری ئێزگەکەدا کێشای. ئەو کاتە سندوق و کارتۆنەکانی ئامێرەکە نەما بون، لە پێخەفمان پێچا بوو. ئێزگە لە چەند شوێنێك چوارچێوە ئاسنەکەی قوپا.

هەموان رێزیان لە مام ئەحمەد دەگرت، ئەوەش لەبەر تەمەنی و هەروەها لەبەر ئەوەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ بووە. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر تورە بوو، کەس نەیدەوێرا خۆی لە قەرەی بدات. شەو، داوام لە عەلی عەسکەری کرد کەسێکی دیکەی شارەزای وڵاغ بارکردنم بۆ دابین بکات نەك کارەباچی.

دواتر، لەگەڵ مام جەلال و عەلی عەسکەری ئامێری ئێزگەکەمان بەرەو گوندی نۆکان بەڕێ کرد. منیش لەگەڵ هەڤاڵان خالید سەعیدو حسێن بابە شێخ بەرەو ناوچەی هەولێر رۆیشتم.

لە رێگادا هێسترەکە لە شاخێك هەڵدێرا بوو. ئێزگەکەش سەدان تەقڵەی لێ دابوو. لەگەڵ هەر تەقڵەیەکیش، چەند مەترێك چوو بووە ئاسمان. دواتر کە گەیشتبووە دوا مەنزلی، لە کونە شاخێکدا لە پشت گوندی نۆکان شاردرا بۆوە.

دەستپێکی پەخشی ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عیراق:

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا لە ناوچەی هەولێرەوە گەڕامەوە بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ. مام جەلال داوای لێ کردم ئێزگەکە بخەمە کار، بەڵام داینەمۆو ئەنتێن و پێداویستییەکانمان نەبوو. ناوخۆی ئێران شڵەژا بوو. لەو کاتەدا رژێمی شا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە کوردستانی ئێران نەمابوو. بۆیە ئێمە بە هۆی دۆستەکانمانەوە هاتوچۆمان ئاسان بوو و بە نهێنی بۆ ناو شارەکانی کوردستان دەچوین. داوامان لە تەلعەت محەمەد گلی کرد بێتە کوردستان. هەرچەند من شارەزاییەکی باشم لە بەگەڕخستنی ئێزگە پەیدا کردبوو، بەڵام بونی ئەو باشتر بوو، بەتایبەتی کە بە ئاسانی دەیتوانی لە کوێتەوە بگاتە لامان.

پاش ماوەیەك گلی لە رێی رێکخستنەکانمانەوە گەیشتە ناوزەنگ. هەروەها لە رێی عەزیز شەمزینییەوە کە لە ناوچەی شنۆ دەژیا، کەلوپەلی ئێزگەمان لە شاری ورمێوە پەیدا کرد. لە پشت گوندی نۆکان ئێزگەکەمان لە هۆدەیەکی بچوکی نهۆمی سەرەوەی خانووە قوڕەکەی ئەحمەد سەلیم دامەزراند. جگە لە تەلعەت و من، دەبوایە ئیحسان نەجم محێدین ناسراو بە ئەبو شەهابیش لەوێ بوایە. ئیحسان شارەزای کارەبا بوو. بانگمان کردبوو هاوکاریمان بکات.

لە پەخشە ئەزمونییەکەدا گۆرانیی «لە کۆڵانی تەنگەبەر» ی حەمە جەزا عەلیمان لێ دەدا. ئەم گۆرانییە بیرەوەریی تافی منداڵیمی دەهێنایەوە یاد. کە منداڵ بوم، ماڵمان لە گەڕەکی بەفری قەندیی کۆیە بوو. لە نزیك ماڵەکەمان کۆڵانێکی تەسك هەبوو، کۆڵانی تەنگژەیان پێ دەگوت. ماڵێك لەسەر سوچی کۆڵانەکە سەگێکی دڕیان هەبوو. هەر کە سەگەکە منی دەدیت، پەلاماری دەدام. ئیتر ئەم

ڕێگایەم لێ حەرام ببوو، لە کاتێکدا ڕێگاکە نزیك بوو لە بازاڕی مەیدانی خوارێ. کەچی محەمەدی برام ئەو سەگەی وا ترساند بوو، هەر کە ئەوی دەدیت، رایدەکرد. ئەگەر لەگەڵ محەمەد پێکەوە بە ڕێگاکەدا رۆیشتباین، سەگەکە لە ترسی محەمەد پەلاماری نەدەدام، بەڵکو هەر لە جێی خۆی حەپەی دەکرد. ئەمە بۆ من یەکەم وانە بوو بۆ تێگەیشتنی پرنسیپی نە شەڕ نە ئاشتی.

کارەکانی ئێزگە تەواو بون. ڕێکخستنەکانمان هەواڵیان نارد کە پەخش لە شوێنی جۆراوجۆر بە باشی وەردەگیرێ. هێشتا رژێم پێ رانەگەیشتبوو هانی هانی بهاوێتە سەر. لە شۆڕشی ئەیلولدا حکومەتی عیراق گۆرانییەکی دەهاویشتە سەر پەخشی ئێزگە بۆ ئەوەی تەشویش (پارازێت)بهاوێتە سەر پەخش و خەڵك گوێی لێ نەبێ. گۆرانییەکە هی تیپی مۆسیقای ئەبا Abba بوو کە تیپێکی سویدی بوو. ئەو گۆرانییە کە دەستی پێ دەکرد، بە honey honey (واتە هەنگوین) دەستی پێ دەکرد. بە هۆی ئەمەوە، هانی هانی وەك زاراوەیەکی نوێ هاتە ناو فەرهەنگی سیاسیمان و لە جیاتی ئەوەی مانای «خۆشەویستە شیرینەکەم» بدا وەك لە زمانی ئینگلیزیدا بەکار دێ، مانای تەشویشی دا.

دەستپێکردنی پەخش:

بڕیار بوو شەوی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩ ئێزگەکە بە ناوی دەنگی شۆڕشی عیراقەوە سەعات ٦ ی ئێوارە بە وتارێکی مام جەلال دەست بە پەخش بکات. بارەگای مام جەلال لە ناوزەنگ بوو. وا ڕێك کەوتین کە مام جەلال وتارەکەی لەسەر کاسێت تۆمار بکات و پشکۆ سەعید ناکام، بێژەری ئێزگە، کاسێتە تۆمارکراوەکە بێنێ بۆ نۆکان. ڕێگای نێوان ناوزەنگ و نۆکان پانزە خولەك پیادەڕێ دەبێ.

پەخشی ئێزگە سەعات ٦ بە خوێندنەوەی قورئان و سرودی ئەی رەقیب و چەند سرودێکی شۆڕشگێڕانە دەستی پێ کرد. بەڵام نە پشکۆ هات نە کاسێتەکە.

بە پەلە جەمالی فەرماندەی مەفەزەکەم بۆ سۆراخی پشکۆو کاسێتەکە نارد بۆ ناوزەنگ. جەمال گەڕایەوەو پشکۆی لەگەڵدا بوو. دواکەوتنی پشکۆ بە هۆی سەگێکەوە بوو لە ڕێگا توشی هاتبوو و پێی وەڕی بوو. ئەویش لە ترسان پشتاوپشت گەڕابۆوە بۆ ناوزەنگ. کاسێتەکەمان وەرگرت و وتارەکەی مام جەلال پەخش کرا.

لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی کورت بوو کەوتبوە کارکردن، ئێزگە رۆڵێکی گرنگی لە گەیاندنی دەنگوباسی شۆڕش بە کۆمەڵانی خەڵکی دەبینی. نزیکەی ٢٠ رۆژ پاش بەگەڕکەوتنی ئێزگە، مولازم عومەر عەبدوڵڵا بە ناوی مەکتەبی عەسکەرییەوە نامەیەکی بۆ ناردوم، تێیدا نوسیبوی «کەسێکم بۆ ناردوی لە بەشی بێتەلی سوپای عیراق کاری کردووەو خەڵکی پشدەرە، رایکردووەو یەکێك لە فەرماندەی هەرێمەکانمان ناردویەتی. لەو ماوەیەی کە لە لایان بووە، هیچی خراپیان لەسەر نەبیستووە. ئەگەر دەزانی سودی دەبێ بۆ ئێزگە، دایمەزرێنە». مولازم عومەر عەبدوڵڵا لەبەر ڕێزی فەرماندەی هەرێمەکە، نەیناردبوو بۆ لێکۆڵینەوە. ئەوەی کە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەوەیە کە سەربازەکە زۆر مەبەستی بوو هەر ئەو رۆژە بیبەم بۆ ئێزگە. لە وەڵامی پرسیارێکم کە چۆن لە بەغداوە هاتووە، وتی مۆڵەتی وەرگرتووەو چۆتە قەڵادزێ و لە ڕێگای خزمەکانییەوە گەیشتۆتە ناوچەی سەرکردایەتی، کەچی دەمانچەی تۆکاریۆفی سوپای لە قەد بوو. وەك بیستبوم، لە سوپای عیراق ڕێگە بە سەرباز نادرێ لە کاتی مۆڵەتدا چەك لەگەڵ خۆی ببا. بۆیە من گومانم لێ کرد. مەحمود بەنزین کە زۆربەی تەمەنی

لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا سەرف کردووە، لە ناسینی خەڵکدا زۆر شارەزا بوو. داوام لێ کرد لەگەڵ ئەو کەسە دابنیشێ و کۆدەکەیم بۆ ئاشکرا بکات. پاش نیو سەعات هاتەوە، شەجەرەی هەموو خێزانەکەی بۆ هێنام، کابرا کە زانی مەحمود بەنزین ئاگاداری هەموو رەچەڵەکێتی، بە تەواوی تاسا.


گومانەکەم لە جێی خۆیدا بوو کە لە لایەن رژێمەوە نێردراوە. بەندم کردو رەوانەی لای عومەر مستەفام کرد کە سەرپەرشتیی دادگای شۆڕشی دەکرد. لەوێ بە یەکجاری روخاو دانی بەوەدا نا کە رژێم بە زۆر بۆ تەقاندنەوەی ئێزگە ناردویەتی. وتی پێیان وتوم: ئەگەر ئەم کارە نەکەیت، دەتکوژین.

ئەم وتارەم لە ژمارەیەکی رۆژنامەی کوردستانی نوێی نێودەوڵەتی بڵاو کردۆتەوە، تێیدا وەڵامی عادل مورادم داوەتەوە کە وتبوی ئێزگەکە باش بوو بەڵام عەیبێکی هەبوو ئەویش ئەوەیە کە زۆر ناسك بوو و بەرگەی سەختیی شاخ و داخی نەدەگرت. لە وەڵامدانەوەدا نوسی بوم ئێزگەیەك لە سنوری سێ وڵات دەرباز کرا بێت، بەرگەی گاشە بەردی ئەحمەد سەلیمی گرتبێ، سەدان تەقڵەو هەڵدێری لە شاخێکی هەزار بە هەزارەی دی بێ، بۆ ماوەی ساڵێك لە کونە شاخێکی پڕ دڵۆپەو شێدار بشاردرێتەوەو بۆمبارانی سەختی فڕۆکەو تۆپباران کاری تێ نەکردبێ، دەبێ پێوەری ناسکیی ئەو ئێزگەیە چی بێت؟

لەبەر ئەوەی رۆژنامەکە لە دەرەوەی وڵات دەردەچوو، کەم کەس وتارەکەی خوێندۆتەوە. بۆیە بە باشم زانی بە شێوەیەکی تێرو تەسەلتر دایرێژمەوەو تێرو تەسەلتریش تێیدا باسی ئێزگەو چۆنێتیی بەگەڕکەوتنی بکەم. نازانم ئێستا ئەم ئێزگەیە چی بەسەر هاتووە. ئەم ئێزگەیە شایستەی ئەوەیە لە مۆزەخانە هەڵبگیرێ و پەیکەری بۆ بکرێ.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٣-٢٠١٨/١١/٢٤).

## دێر فونکە DER FUNKE (رۆژنامە)



DER FUNKE

Organ der Patriotischen Union Kurdistans

-PUK-

Nummer 2 November 1979

Das abscheulichste Verbrechen der Barzanitruppe der provisorischen KDP: Die Ermordung der Genossen Ali Askari, Dr. Khalid Sa'id und Sheikh Hussein Yezidi in ihrem Gefängnis

Die verräterischen und volksfeindlichen Truppe der provisorischen KDP, Handlanger der USA und der Zionisten, angeführt von Masoud und Idris Barzani und Muhammad Mahmoud - Abdul - Rahman (Sami), begingen eines der schamlosesten und verräterischsten Verbrechen in der kurdischen Geschichte: Sie ermordeten die Genossen Ali Askari, Dr. Khalid Sa'id und Sheikh Hussein Yezidi im Gefängnis der Barzanitruppe.

Durch dieses Verbrechen demaskieren sich diese Marionetten selbst als die primitivste und barbarischste politische Gruppe der Welt; sie ermordeten drei der revolutionärsten Patrioten des irakischen Kurdistans nur deswegen, weil sie politisch und ideologisch entgegengesetzter Meinung waren. Unsere Patrioten opferten ihr Leben um die dunkelste und schändlichste Erfahrung in der kurdischen Geschichte - die Kapitulation von Mulla Mustafa Barzani im Jahre 1975 - zu überwinden.

Dieses entsetzliche und ehrenlose Verbrechen zeigt, daß die Führung der provisorischen KDP schlechter als Mokasse, Amin und Tschombe ist. Barzanis Söhne bewiesen so, daß sie noch schlechter als ihr Vater sind, der befahl Hunderte von Unschuldigen, darunter die gesamte Familie von Hama Amin Mergasoori (auch Frauen und Kinder) und zahlreiche Patrioten aus dem Iran, der Türkei zu töten, so z.B. Suleiman Mehini, Sadik Hindschiri, Kader Sherif, Dr. Shuan und seine Freunde Brusk, Ako, Sahid Aldschi.

Ali Askari und seine Genossen wurden im Juni 1978 von reaktionären Stämmen im türkischen Kurdistan der provisorischen KDP ausgeliefert. Askari und Genossen befanden sich auf einem Marsch in die Gegend von Badinan im irakischen Kurdistan, um dort einen neuen Guerillakrieg gegen das faschistische Regime von Baghdad zu eröffnen.

Sie wurden bis Oktober 1978 in einigen Dörfern im türkischen Kurdistan festgehalten und dann, aufgrund eines persönlichen Befehls von Mulla Mustafa Barzani aus Washington, durch Panzerabwehrgranaten (RPG 7), die man auf sie schoß, ermordet.

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی ئەڵمانی. لە بنەڕەتدا بە کۆپیی ئەڵمانیی رۆژنامەی «سپارك» دادەندرێ کە عومەر شێخموس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە زمانی ئینگلیزی لە بریتانیا دەری کردووە. بەم پێیە، بابەتەکانی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی «سپارك»دا نیە.

ماوەی دەرچونی کەوتۆتە ساڵانی ١٩٧٨-١٩٨٣. بەشێکی کەمی بابەتەکانی لە بنەڕەتدا بە ئەڵمانی نوسراون و زۆربەی لەرۆژنامەی سپارکەوە وەرگیراون و لەئینگلیزییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئەڵمانی.

دکتۆر ئەرجومەند سدیق سەرپەرشتیی دەرکردنی کردووە بەڵام بابەتەکان لە لایەن دکتۆر لاوچاك فەهمیو هاوسەرەکەیەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی

ئەڵمانی. دوای وەرگێڕانیان، بابەتەکان بەتایپی دەستی تایپ کراون و بەسادەیی دیزاین کراون. پاشان بە ئامێری فۆتۆکۆپی دانەیان لەبەر گیراوەتەوە.

## دی ڤۆنک de vonk uit kordistan (ڕۆژنامە)



de VONK UIT KOERDISTAN

NIEUWSBULLETIN
Van de Patriottische Unie
van Koerdistan (Irak)
Nederlands komitee
No. 2 - december 1981

Periodieke Uitgave van PUK, Postbus 114, 6230 AC MEERSSEN prijs ƒ 1,50

WAAROM EEN NATIONAAL DEMOCRATISCH FRONT IN IRAK?

Het langdurige verzet van het Iraakse volk, Arabieren, Koerden en turkmenen tegen het huidige regime van Saddan Hussein Al-Takriti is niet zonder reden ontstaan. Het diktatoriale regime van Al-Takriti is niet alleen door een militaire coup tegen de wil van het Iraakse volk aan de macht gekomen, maar ook heeft het de belangen van de bevolking, de economie en de cultuur van het land in gevaar gebracht en vernietigd. Hun leidraad (waar ze erg trots op zijn) tijdens hun 13-jarige machtsperiode waren oorlogen tegen de Koerden, moordakties en marteling van het volk van Irak, en het misbruiken van de economie voor de belangen van "partijleden". Hierdoor is een bureaucratische, terreurachtige klasse geschapen.

Toen in 1968 dit regime aan de macht kwam, heeft het verklaard niet meer dezelfde methoden te zullen gebruiken als in 1963, toen zij 10 maanden aan de macht waren. Ook toen waren zij via een bloedige staatsgreep aan de macht gekomen, werden tienduidenden vermoord en werd een groot gedeelte van het staatsbudget naar het buitenland gesmokkeld. Deze belofte bleek echter slechts een taktiek om hun positie te versterken en daarna de oppositie te liquideren.

Al jaren lang proberen de oppositiepartijen en -groeperingen, waaronder onze Patriotische Unie van Koerdistan, hun onderlinge politieke verschillen op te lossen en een programma samen te stellen voor de gemeenschappelijke strijd tegen het fascistische regime. Dit is gelukkig op 11 november 1980 gebeurd.

...gramma opgesteld ter herstel van de economische en culturele situatie in Irak.

De belangrijkste punten zijn:
1. Het diktatoriale regime ten val te brengen en een nieuwe demokratische coalitie-regering te vormen.
2. Vrijlating van alle politieke gevangenen, repatriëring van alle geëvacueerde mensen, en het verwerpen van discriminatie op grond van nationaliteit of godsdienst.
3. Het recht voor de bevolking om zich in politieke- of vakorganisaties te organiseren, gelijke rechten voor vrouwen.
4. Het opstellen van een demokratische kieswet, zodat een nationaal parlement gekozen kan worden, dat kan beslissen over de algemene status van het land, en de autonomierechten van Koerdistan kan verzekeren.
5. Het loslaten van de verbindingen van de nationale economie met de internationale kapitalistische markt en het neo-kolonialisme en het streven naar verhoging van de levensstandaard van de bevolking, met name het inkomen, de culturele- en gezondheidstoestand van arbeiders, boeren en de arme mensen.
6. Samen met de progressieve arabische landen te strijden tegen het imperialisme en zionisme en hun plannen zoals "Camp David" en steun te geven aan het Palestijnse volk in hun strijd voor zelfbeschikking en een eigen staat onder leiding van PLO.
7. De buitenlandse politiek van Irak richten op solidariteit met de revolutionaire vrijheidsbewegingen der

ڕۆژنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی هۆڵەندی. لە بنەڕەتدا بە کۆپیی هۆڵەندیی ڕۆژنامەی «سپارك» دادەنرێ کە عومەر شێخموس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە زمانی ئینگلیزی لە بریتانیا دەری کردووە. بۆیە، بابەتەکانی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەو بابەتانەدا نیە کە لە ڕۆژنامەی «سپارك» بڵاوکراونەتەوە. ماوەی دەرچونی کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٦.

زۆربەی بابەتەکانی لە ڕۆژنامەی سپارکەوە وەرگیراون و لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی هۆڵەندی. بەشێکی ژمارەکانی بە قەبارەی فولسکاب دەرچووەو بەشەکەی تری، دکتۆر جەمیل شەرەف بە قەبارەی نیو فولسکاب دەری کردووە.

## دیکۆمێنتەکانی دانوستانی ساڵی ١٩٨٤

دیکۆمێنتەکانی دانوستانی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق کە شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشکەش بە شاندی حکومەتی کردبوو تاکو ببن بە بنەمایەك بۆ وتوویژ. ئەو دیکۆمێنتانە لە ساڵی ١٩٨٥دا، پاش کۆتایی هاتنی وتوویژەکە، بڵاو کرانەوەو بریتین لەو تێکستانەی کە وەك نەخشە ڕێگایەك وان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەعیراق لەو کاتەدا. دیکۆمێنتەکان لەچوار تێکست پێکدێن، یەکەمیان پرۆژەیەکە دەربارەی ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کوردستان لە ڕێی کۆتایی هێنان بە باری نائاسایی. دووەمیان پەیپەرێکی تایبەت بە بنەما گشتییەکانی ئۆتۆنۆمیی خوازراوە، سێیەمیان دەقێکی پێشنیارکراوی پرۆژە یاسای هەموارکراوی یاسای ئۆتۆنۆمییە و چوارەمیان پەیپەرێکە چەند پێشنیارێکی بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی شاری کەرکوك نمایش کردووە.

پێش وتوویژەکە هەندێ پەیوەندیی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە ڕێی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دروست ببوو کە تێیدا دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا گێڕا بوو. دکتۆر قاسملو لە تێڕوانینەکانیدا بۆ کەیسی پەیوەندیی کوردو عەرەب لە عیراقدا، زۆرتر جەختی کردۆتە سەر مەسەلەیەکی گەوهەری، ئەویش ئەوەیە کە بۆ

گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گونجاو لەنێوان کوردو بەغدا، هێشتا کات بەدەستەوەیەو ئەو ڕێککەوتنە دەشێ کوردستان لە نەهامەتی و عیراق لە شکستێکی عەسکەری ڕزگار بکا.

سەرەتای وتووێژەکە بۆ ساڵی ١٩٨٢ دەگەڕێتەوە، کاتێك دکتۆر قاسملو دیدارێکی لە نێوان نوێنەرانی حکومەتی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی گۆڕەشێر لەسەر سنوری عیراق- ئێران ڕێکخست. پاش ئەم دیدارە، دیدارێکی دیکە لە گوندی ناوزەنگ ساز کرا. ساڵی دواتر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕازی بوو نوێنەرێکی بۆ بەغدا بنێرێ و بۆ ئەم ئەرکە فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی دیاری کرا. فەرەیدون عەبدولقادر لە بەغدا بەرپرسی دەزگای هەواڵگری بەرزان تکریتی و وەزیری دەرەوەی عیراق تارق عەزیزی بینی و چووە سەر ئەو باوەڕەی کە بەغدا ئامادەیی بۆ دایەلۆگ تێدایەو پێی وایە بێلایەن کردنی بەرەی کورد ئەو دەرفەتەی بۆ دەرەخسێنێ کە دەستکراوەتر بێ لە کۆششەکانی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئێران و دەرچون بە رووسوری لە تەڵەی جەنگی عیراق- ئێران.

بەڵام مەسەلەکە تەنها پەیوەندیی بەوەوە نەبوو کە بەغدا ئامادەیە بۆ دایەلۆگ و پێویستی بە خۆتەرخان کردنە بۆ شەڕی دژ بە ئێران، بەڵکو پەیوەندیی بەوەشەوە هەبوو کە خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێویستی بە پشوودان و خۆڕێکخستنەوە بوو، چونکە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران لەوپەڕی خراپیدا بوو و هێزەکانی ئێران هەڕەشەی گرتنی ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە ناوزەنگ و زەڵێ دەکرد. لە لایەکی ترەوە، شەڕفرۆشتن و فشارو جموجوڵەکانی بەرەی جود و هەماهەنگیی نێوان هێزی پاسدارانی ئێران و هێزەکانی بەرەی جود مەترسییەکی گەورەیان لەسەر بونی یەکێتیی نیشتمانی دروست کردبوو.

لە کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٨٣دا یەکێتیی نیشتمانی و حکومەتی عیراق ڕێککەوتنی ئاگربڕێکی کراوەیان واژۆ کرد کە بە هۆیەوە شەڕ ڕاگیراو دواتر دەست بە وتوویژ کرا. بە درێژایی ساڵی ١٩٨٤ کوردستان ئارامییەکی ڕێژەیی بە خۆیەوە بینی. لە حوزەیراندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێڕوانینی خۆی بۆ تەواوی پرۆسەی دایەلۆگ و چۆنێتیی گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ گرفتەکانی نێوان کوردو بەغدا، لەدوتوێی چەند وتارێکدا دەربڕی کە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرانەوەو دواتر لە دوو نامیلکەدا بە زمانی عەرەبی و کوردی کۆکرانەوە، لە وتارە پەخشکراوەکاندا زۆرتر جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە پێویستە لەسەر بەغدا تیۆریی خۆی لەمەڕ ئاسایشی ستراتیجی بە جۆرێك دابڕێژێت کە تێیدا کورد وەك هەڕەشەو داردەستی بێگانە نەناسێ، واز لە پرۆژەی ڕاگواستنی کورد لە ناوچە لادێ نشینەکان بێنێ، چیتر پێ لەسەر هێشتنەوەی باری نائاسایی دانەگرێ و سیاسەتێك لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ پیادە بکات.

لە کاتی وتووێژدا بابەتە دژوارەکان تاوتوێ کران و چەندەها تێڕوانینی جیاواز بۆ چەردەیەك مەسەلەی هەستیار سەریان هەڵدا وەك پرسەکانی تایبەت بە دیاریکردنی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئۆتۆنۆم، شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ناوەند و ناوچەی خۆبەڕێوەبەری و قەوارەی بەشداریی کورد لە دامەزراوە ناوەندییەکاندا.

لەو هەلومەرجەی کە وتووێژەکەی تێدا هەڵسورا، هەم لە ناوخۆدا هەم لە دەرەوە، تێگەیشتنێکی زۆر بۆ پێویستیی وتوویژ نەبوو. بەلای ئۆپۆزیسیۆنی عیراقەوە، وتوویژ مایەی لێك ترازاندنی ریزی نیشتمانی بوو و لەم سەروبەندەدا بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتیی دیموکراتی عیراق (جەوقەد) کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندام بوو تێیدا، دژی وتووێژەکە وەستایەوەو ئەندامەتیی یەکێتیی هەڵپەسارد. لە لایەکی ترەوە، بەرەی جود کە کۆکراوەی هەموو نەیارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە کوردستانی باشور، پێی وا بوو وتووێژی یەك لایەن بەتەنها، زیان بە مەسەلەی کورد دەگەیەنێ، لەو لاشەوە، سورییەکان و چەپڕەوە فەلەستینییەکان رایان وا بوو کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تەنگ بەرژەوەندیی عیراقەوە نیە و مرخی لەوە خۆش کردووە هەندێ دەستکەوتی ماددیی چنگ کەوێ. لەم سەروبەندەدا سورییەکان ئۆفیسی نوێنەرایەتیی یەکێتییان لە دیمەشق داخست و نوێنەری یەکێتییان لە سوریا دەرکرد. ئێرانییەکانیش کە لە شەڕێکی دژواردا بون لەگەڵ عیراق، بەم هەنگاوەی یەکێتی ئاسودە نەبون و حەزیان نەدەکرد بەغدا فشاری کوردی لەسەر سوك بێ. تورکەکانیش زۆر لە وتووێژەکە نیگەران بون و ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو نەبا وتووێژەکە رێککەوتنێکی لێ بکەوێتەوە دەستکەوتی سیاسیی بۆ کورد تێدا بێ و ئەو دەستکەوتەش دواتر کاریگەریی لەسەر کوردستانی باکور هەبێ، بۆیە بەکردەوە بەغدایان هاندا دەستبەرداری رێککەوتن بێ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی و هەڕەشەی بڕینی بۆریی نەوتی عیراقیان کرد کە بە ناو خاکی تورکیادا تێدەپەڕی و بۆ عیراق تاکە بۆریی گواستنەوەی نەوت و تاکە سەرچاوەی داهاتی دارایی بوو لەو کاتەدا.

بۆ ئەوەی تاوتوێ کردنی بابەتەکە لە هەموو رویەکەوە بابەتییانە بێ، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە شەقامی کوردیش زۆر لە رێککەوتن لەگەڵ رژێمی بەعس دڵنیا نەبوو. کورد پاش تاقیکردنەوەیەکی تفت و تاڵ لەگەڵ حزبی بەعس، هیچ متمانەیەکی بە حزبی بەعس نەما بوو و باوەڕی بە هیچ رێککەوتنێك لەگەڵ بەغدا نەبوو. تێڕوانینی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا بەلای ئەوەدا دەچوو کە هەموو رێککەوتنێك لەگەڵ رژێمی بەعس رێککەوتنێکی کاتییەو زۆر بڕ ناکا. بەمجۆرە، سایکۆلۆژیای زاڵ بەسەر کورددا نەیدەتوانی رێککەوتن لەگەڵ بەعس پەسند بکات و بەو چاوە سەیری هەر رێککەوتنێکی دەکرد کە رێککەوتنێکە بە هیچ شێوەیەك چانسی ژیانی نیەو بەعس ناتوانێ هەڵسوکەوتی خۆی بەرامبەر بە کورد بگۆڕێ.

لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش دڕدۆنگی و نیگەرانی لە وتوویژ هەبوو، بەتایبەتی لە ناو رێکخستنەکانی ئەوروپا کە زۆربەی کادیرەکانیان، بەقەد ئەوەی کە پێویستە، ئاگاداری باری خراپی ناو وڵات نەبون. هەندێ لە کادیرەکانی ناو وڵاتیش لە شێوەی بەرێوەچونی وتووێژەکە نیگەران بون، بەڵام نارەزاییەکەیان کەمتر و بابەتییانەتر بوو.

لە ئەنجامی ئەم هەموو فشارەدا و پاش ئەوەی پەی بەوە برا کە بەغدا کەوتۆتە دەستخەڕۆیی و فریودان، یەکێتیی نیشتمانی لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٥ پچڕاندنی وتووێژەکەی راگەیاند.

لەو چوار دیکۆمێنتەی کە لە کاتی وتووێژدا پێشکەش بە شاندی دانوستانکاری حکومەتی عیراق کراون، نەخشە رێگایەك کە لە ١٤ خاڵ پێکدێ، بۆ شێوەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان

ئامادە کراوەو تێیدا هەنگاوەکانی نەهێشتنی باری نائاسایی دیاری کراون لەوانە دەرکردنی لێبوردنی گشتی، گێڕانەوەی کارمەندە دەرکراوەکان بۆ خزمەت، گێڕانەوەی کارمەندە گوێزراوەکان بۆ شوێنەکانی جارانیان، هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەی راگواستنی گوندەکان و گێڕانەوەی راگوێزراوەکان بۆ زێدگاکانیان، هەڵوەشاندنەوەی پڕۆژەکانی بەعەرەب کردن و گێڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتون، جێبەجێ کردنی یاسای ریفۆرمی زەوی لە کوردستان، دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاریی کورد، سەلماندنی مافی پێکهێنانی رێکخراوی سیاسی و پیشەیی بۆ کورد، هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی بەزۆر بە بەعسی کردن، گێڕانەوەی خزمەتگوزاری بۆ کوردستان.

لە دیکۆمێنتی دووەمدا چەند پرنسیپێکی گشتی دەربارەی ئۆتۆنۆمی خراونەتە روو و تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە بوارەکانی بەرگری، دەرەوە، دارایی گشتی، پلان دانانی ناوەندی، گومرگ، نەوت و پیشەسازیی قورس، بازرگانیی دەرەکی، بانکەکان، داد، پۆستەو تەلگراف و تەلەفۆن، بەشێکی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی پێکدێنن و بوارەکانی تر بۆ بەڕێوەبەریی ئۆتۆنۆمی دەمێننەوە. هەروەها لەو دیکۆمێنتەدا داوای جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کراوەو داوا کراوە ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عیراقی هەبێ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و سنوری جوگرافیای ناوچەکە بە چەشنێك فراوان کراوە کە چەند ناوچەیەکی تری گرتۆتەوە لەوانە خانەقین، کفری، شنگال و ئاکرێ، سەرباری پێشنیارکردنی پێکهێنانی پارێزگای نوێ لە ناوچەکەدا.

لە دیکۆمێنتی سێیەمدا پڕۆژە یاسایەکی هەموارکراو بۆ دیاریکردنی بنچینە گشتییەکان و ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتەکانی هەردوو ئەنجومەنی راپەڕاندن و یاسادانان خراوەتە روو و تێیدا سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆم بە رونی دەستنیشان کراوە.

لە پڕۆژە یاسا هەموارکراوەکەدا کار بۆ ئەوە کراوە کە «ئۆتۆنۆمی» وەك «ماف» بناسرێ و مۆرکی «بەخشین»ی لێ دامالدرێ، هەروەها لە رەوتی رومالّ کردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی راپەڕاندندا هەوڵ دراوە ئەو دەسەڵاتانە لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمە فیدرالییەکانی سیستمی فیدرالی نزیك بکرێتەوە.

لە دیکۆمێنتی چوارەمدا کە بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشی شاری کەرکوك تەرخان کراوە، کەرکوك وەك «شاری برایەتی» ناوی هاتووەو تێیدا نەخشە رێگایەك بۆ نەهێشتنی باری نائاسایی خراوەتە روو.

ساڵی ١٩٨٥ مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر چوار دیکۆمێنتی لە نامیلکەیەکدا کۆکردەوە کە لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو چاپ کرا. لەو پێشەکییە کورتەی کە یوسف زۆزانی لە نامیلکەکەدا بۆ ناساندنی دیکۆمێنتەکان نوسیویەتی، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە «ئەم پڕۆژانە لە ئاستی ئاواتەکانی گەلی کوردی عیراقدا نین بەڵام ئەگەر حکومەتی عیراق پەسندیان بکات، مەسەلەی کورد بەرەو چارەسەر دەبەن، بناغەی سەقامگیری لە کوردستان دادەکوتن و دەبنە مایەی پتەوکردنی یەکڕیزیی نیشتمانی». ئەو دیکۆمێنتانە لە ساڵی ٢٠١٢دا، وەك بەشێك لە بەرنامەی بڵاوکردنەوەی ئەرشیفی زەمانی پێشمەرگایەتی، لە لایەن ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانەوە بۆ جاری دووەم بڵاو کرانەوە.

## پاشکۆی ژمارە ١

### ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان بەکۆتایی هێنان بە باری نائاسایی (پرۆژەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤)

١-دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو حوکمدراوەکان و دەستگیرکراوەکان و راکردووەکان و دەستبەسەرکراوەکان و پەنابەران لەسۆنگەی فاکتەری سیاسییەوەو بۆ هەموو ئەو کوردو غەیرە کوردانەی کە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، چ مەدەنی بن چ عەسکەری، چ ئەفسەر بن چ پلەداری عەسکەری (ئەمە عەسکەرییەکان و هەموو کارمەندانی هێزە چەکدارەکان، بە سوپاو پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پاسەوانی سنورەوە، دەگرێتەوە). ئەم لێبوردنە گشتییە سزا بنچینەییەکان و سزا پاشکۆکان و ئاسەوارە مەدەنییەکان دەگرێتەوە. ئەوانەی بەر لێبوردنەکە دەکەون، دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵیان هەڵدەگیرێ، بڕیارەکانی زەوت کردنی موڵك و ماڵیان هەڵدەوەشێنرێنەوە، زیانلێکەوتووەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە قەرەبوو دەکرێنەوە، تەواوی مافەکانیان بۆ دەگێڕدرێتەوە و حوکمدراوەکان و دەستگیرکراوەکان و دەستبەسەرکراوەکان کە ئەم لێبوردنە دەیانگرێتەوە، دەم و دەست لە بەندیخانەو گرتوخانەکان ئازاد دەکرێن.

٢-کارمەندەکان و کارگوزارەکان و کرێکاران و کارمەندانی هێزە چەکدارەکان، بە ئەفسەرو پلەدارەکانەوە، چ عەسکەری بن چ پۆلیس و چ لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پاسەوانی سنور بن، چ کوردو چ غەیرە کورد بن، لەوانەی کە لە سۆنگەی هۆی سیاسییەوە دەرکراون، کۆتایی بە راژەکانیان هێنراوە، نانبڕاو کراون، لەکار خراون یان خانەنشین کراون، هەمویان بگێڕدرێنەوە بۆ خزمەت بەبێ گوێدانە میلاك و ماوەی دەوام نەکردن و دەرکردن و خانەنشین کردن و لەکارخستنیان بە خزمەتی راستەقینە بۆ پلە بەرزکردنەوەو زیادکردنی موچەو خانەنشین کردن بۆ بژمێردرێ.

٣-گێڕانەوەی ئەو فەرمانبەر و کارگوزار و کرێکارانەی لە سۆنگەی سیاسییەوە لە فەرمانگەکانیانەوە یان لەپیشە راستەقینەکانیانەوە گوێزراونەتەوە بۆ فەرمانگە و پیشەی دیکە یان بۆ پارێزگاکانی دیکە، چ لەناو ناوچەی ئۆتۆنۆمی چ لە دەرەوەی ناوچەکە، گێڕانەوەیان بۆ فەرمانگەو شوێنی جارانی کارکردنیان.

٤-خوێندکارە دەرکراوەکان و حوکمدراوەکان و گیراوەکان و راکردووەکان و پەنابەرەکان لە سۆنگەی هۆی سیاسییەوەو ئەو خوێندکارانەی کە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، بگێڕدرێنەوە بۆ خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆکانیان و یارمەتیی خوێندکارە دەستکورتەکان بدرێ بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە خوێندنیان بدەن و ساڵانی دورکەوتنەوەیان بە ساڵانی کەوتن نەژمێردرێ.

٥-وەرگرتنی خوێندکارانی کورد لە هەموو خوێندنگەو پەیمانگاو خانە پەروەردەیی و زانستییەکان و زانکۆکان چ مەدەنی چ عەسکەری و هەروەها وەرگرتنیان لە نێردە زانستییەکان و زەمالەو مۆڵەتەکانی خوێندن و مینحەکان لەناو عیراق و لە دەرەوە بەبێ هیچ جیاوازییەك و بەپێی لێهاتوویی.

٦-گێڕانەوەی دانیشتوانی راگوێزراو، چ ئەوانەی لە گوندو ناحیەو قەزا کوردییەکانەوە بۆ دەڤەرەکانی تری ناوچەی ئۆتۆنۆمی

راگوێزراون چ ئەوانەی بۆ دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی راگوێزراون، گێڕانەوەیان بۆ گوندو شوێنەکانی خۆیان بەپێی خشتەیەکی زەمەنی و قەرەبوکردنەوەی زیانەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو گەشەپێدانی ناوچەکانیان، ئەویش بە گەیاندنی هەموو خزمەتگوزارییەك بۆیان بۆ ئەوەی هەر ناوچەیەك لەو ناوچانە، بەپێی تواناو بەهرە سروشتی و کشتوکاڵییەکانیان، ببێ بە ناوەندێکی پێشکەوتوو بۆ کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرو پیشەسازیی سوك و هەروەها بۆ ئەوەی ببن بە ناوچەی گەشتیاری، ئەویش بۆ پتەوکردنی ئاسایش و بەرگریی نیشتمانی، سەرباری بەشداربونیان لە گەشەپێدان و پێشکەوتنی ئابوریی هەموو وڵات.

٧-گێڕانەوەی دانیشتوانی عەرەب کە لە ناوچە کوردنشینەکان جێگیر کراون، بۆ ناوچەکانی خۆیان.

٨-ئازادکردنی بارزانییەکان و گێڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان بە جۆرێکی وا کە بڕگەکانی ١و٢ ی ئەم بەیاننامەیە بیانگرێتەوە.

٩-ئازادکردنی کوردە فەیلییەکان و رێدان بە راگوێزراوو دەرکراوەکانیان، چ ئەوانەی کە لەناو وڵات دان و چ ئەوانەی کە لە دەرەوەن، بۆ گەڕانەوەو نیشتەجێ بون لە ناوچەکانی خۆیان یان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەجۆرێکی وا کە بڕگەکانی ١و ٢ی ئەم بەیاننامەیە بیانگرێتەوە.

١٠-جێبەجێ کردنی یاسای ریفۆرمی کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردنشین و هەموارکردنەوەی بە چەشنێك کە بەرژەوەندیی جوتیارو پاکتاوکردنی یەکجارەکیی پەیوەندییە دەرەبەگییەکان دابین بکات و ببێ بە مایەی ئەوەی کە سەرجەم جوتیارەکان پارچە زەویی باشیان چنگ کەوێ و لە دانی باجی زەوی، کە ساڵەهایە لەسەریان کەڵەکە بووە، ببوردرێن.

١١-دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاریی کورد بە جۆرێك کە سووبێکتێکی تایبەت بە خۆی هەبێ و گەڕانەوە بۆ کارکردن بە یاسای ژمارە ١٨٣ی ساڵی ١٩٧٠ی کۆڕی زانیاریی کوردو هەموارکردنەوەی یاساکەی ئێستای کۆڕی زانیاریی عیراق لەسەر ئەو بنچینەیە و گواستنەوەی بۆ پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەستنەوەی، وەك ئەندام، بە کۆڕی زانیاریی عیراقەوە.

١٢-دابین کردنی موچەی خانەنشینی بۆ خێزانی ئەو کەسانەی کە لە بارودۆخی نائاسایی رابردودا شەهید کراون یان لەسێدارە دراون و هەروەها بۆ ئەوانەی کە لە سۆنگەی هەمان بارودۆخەوە سەقەت بون و دابین کردنی خانوی گونجاو بۆیان بەپێی یاسایەکی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت و دەبێ هەموو ئەو ئیمتیازاتە بیانگرێتەوە کە بۆ شەهیدانی نیشتمان دابین کراون.

١٣- بەشداریی کورد لە فەرمانڕەوایی و وەرگرتنی پۆستە گشتییەکاندا بەبێ جیاوازی، لەوانە پۆستە گرنگەکانی دەوڵەت وەك وەزارەتەکان و فەرماندەییەکانی سوپاو پۆستەکانی تر بە ڕەچاوکردنی لێهاتوویی.

١٤-دانانان بە مافی گەلی کورددا لە پێکهێنانی رێکخراوە سیاسی و کەلتوری و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ویژەییەکان لەوانە رێکخراوەکانی لاوان، مامۆستایان و خوێندکاران (وەك لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا هاتووە).

١٥-هەڵگرتنی ئابلوقەی ئابوری لەسەر ناوچەی کوردستان و نەهێشتنی پسوڵەی ئازوقەو دابین کردنی کەرەستەی بەکاربردن و خۆراك بە هەموو جورەکانەوە بۆ ناوچەکەو زیاتر چاودێری کردنی ئەو

کەسانەی یاری بە قووتی گەل دەکەن و سەرپێچی لە نرخی بڕیارلێدراو دەکەن و قاچاخچییەکان و قۆرخکاران و سزادانیان بەتوندترین شێوە.

١٦- گێڕانەوەی هەموو خزمەتگوزارییەکان و چالاکییەکانی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان بۆ ناوچەی کوردستان، لەوانە پڕۆژەکانی ئاودێری، بەنداوەکان، کشتوکاڵ، کارەبا، ئاوەڕۆکان، ڕێگاوبان، پردەکان و بنیاتنانی خوێندنگەو نەخۆشخانەو تیمارگە و خانوبەرەو هەموو جۆرە پڕۆژەیەك، چ پڕۆژە ڕاگیراوەکان چ هەڵوەشێندراوەکان و چ پڕۆژەی تازەو دانانی پلانێك بۆ پەرەپێدانی ناوچەکەو قەرەبوکردنەوەی پاشکەوتنی لە ماوەی پێشوودا، ئەویش بەگوێرەی بەرنامەکانی بودجەی ساڵانە یان بەگوێرەی پلانی نەتەوەیی پەرەپێدان و دابین کردنی داهاتی پێویست بۆ ئەم کارە.

١٧-هەڵوەشاندنەوەی مەفرەزە تایبەتەکان و کەم کردنەوەی قەوارەی هێزە چەکدارەکان لەشارو شارۆچکەو ئاواییەکانی کوردستان و هەڵگرتنی بازگەی سەر ڕێوبانەکان و رەبیەکان و دوایی هێنان بە باری نائاسایی کە دۆخێکە بۆ شەڕی دژی پێشمەرگە داهاتووە، بە ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی بەرگریی نیشتمانی لە دژی دەستدرێژیی ئێران.

١٨-قەدەغەکردنی دەستوەردانی هێزە چەکدارەکان و دەزگا ئەمنی و حزبییەکان لە ژیانی تایبەتی هاووڵاتییان و بەزاندنی سنوری ئەو دەسەڵاتەی کە بەیاسا پێیان دراوەو ڕێزگرتن لە هەموو یاساکان و مافە دیموکراتی و یاساییەکانی هاووڵاتییان.

١٩-فشار نەخستنە سەر هاووڵاتییانی کورد بۆ بوون بە ئەندام لە پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و جەیش شەعبی و نەبەستنەوەی ماف و بەرژەوەندییەکان بەو ئەندامێتییە.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## پڕۆژەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عیراق (پرنسیپە گشتییەکان) (١٩٨٤)

یەکەم- ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمی:

١-ئۆتۆنۆمی سەلماندنی مافی گەلی کوردی عیراقە لە فەرمانڕەوایی کردنی ناوچەی کوردستانی عیراق لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا لە ڕێی ئەنجومەنێکی یاسادانانەوە کە ئەنجومەنێکی ڕاپەڕاندنی لێ پێکدێ.

٢-کاروباری سەرۆکایەتیی دەوڵەت، بەرگری، دەرەوە، دارایی گشتی، پلان دانانی ناوەندی، گومرك، نەوت، پیشەسازیی قورس، بازرگانیی دەرەوە، بانکەکان، داد، پۆستەو تەلگراف و تەلەفۆن لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیدا دەبێ. جگە لەو دەسەڵاتانە، دەسەڵاتەکانی تر بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عیراق دەمێننەوە.

٣-جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ وەك بنچینەیەك بۆ بەدی هێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەو چەشنەی کە لە بەیاننامەکەدا هاتوون.

٤-ئەنجومەنی یاسادانان:

أ-ئەندامەکانی لە ڕێی هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەی ئازادەوە، بەبێ دەستێوەردانی هیچ لایەنێك، هەڵدەبژێردرێن.

ب-لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ئۆتۆنۆمیدا مافی دەرکردنی یاسای هەیە، بەو جۆرەی کە لە ماددەی دووەمدا هاتووە، بەو مەرجەی کە ئەو یاسایانە لەگەڵ دەستوردا بسازێن، کاتێکیش یاسا ناوەندییەکان و یاساکانی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ یەکتری ناسازێن و

کاتێك لایەنی پەیوەندیدار داوای پوچەڵ کردنەوەیان دەکات، مەسەلەکە دەچێتە بەردەم ئەنجومەنی دەوڵەت یان دادگای تێهەڵچونەوە.

٥-ئەنجومەنی راپەڕاندن:

أ-ئەنجومەنی راپەڕاندن لە سەرۆکی ئەنجومەن پێکدێ و لەسەر راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی کۆمار لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان هەڵدەبژێردرێ، هەروەك لە جێگرەکەی و ژمارەیەك ئەندام بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەمینداریێتییانەی لە بڕگەی داهاتوودا ناویان هاتووە، پێکدێ، ئەویش بەپێی ڕێسا دەستوری و دیموکراتییەکان.

ب-ئەو ئەمینداریێتییانەی کە سەرجەمیان ئەنجومەنی راپەڕاندن پێکدێنن ئەمانەن:

١-کشتوکاڵ و ریفۆرمی کشتوکاڵ.

٢-تەندروستی.

٣-پەروەردەو خوێندنی باڵا.

٤-رۆشنبیری و راگەیاندن.

٥-ناوخۆ.

٦-ئەوقاف.

٧-لاوان.

٨-شارەوانی و ناوچە دێهاتییەکان.

٩-بازرگانیی ناوخۆ.

١٠-کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

١١-گواستنەوەو گەیاندن.

١٢-ئەشغال.

١٣-پیشەسازیی ناوخۆو سوك.

١٤-ئازوقە.

١٥-پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە.

١٦-گەشتوگوزارو هاوینە هەوارەکان.

١٧-نیشەجێ کردن و ئاوەدان کردنەوە.

١٨-دارایی.

١٩-ئاودێری.

پ-ئەنجومەنی راپەڕاندن لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەمان دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ناوەندیی هەیە.

ت-سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ناوەندی دەبێ، ئەمیندارەکانیش پلەی وەزیریان دەبێ و مافی ئەوەیان هەیە لەکۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا ئامادە بن.

ج-بەڕێز سەرۆکی کۆمار ئەرکی سەرپەرشتی کردنی هەماهەنگیی نێوان ئۆتۆنۆمی و حکومەتی ناوەندی دەگرێتە ئەستۆ.

دووەم- ناوچەی ئۆتۆنۆمی:

ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەم پارێزگایانە دەگرێتەوە:

أ-هەولێر.

ب-سلێمانی.

پ-دهۆك.

ئەم قەزایانەش سەر بە ناوچەکە دەبن: ئاکرێ، شێخان و شنگال.

ت- دروست کردنی پارێزگایەکی نوێ یان زیاتر کە ئەم قەزایانەی خوارەوە بە هەموو ناحیەکانییانەوە بەشێکی پێکدێنن:

١-کفری.

٢-دوزخورماتوو.

٣-داقوق.

٤-کەلار.

٥-مەندەلی.

٦-خانەقین.

٧-ئاڵتون کۆپری.

٨-قادر کەرەم.

٩-قەرەهەنجیر.

١٠-لەیلان.

سێیەم-زمان:

أ-زمانی عەرەبی وەك زمانێکی بنەڕەتی لە هەموو خوێندنگەکانی ناوچەی کوردستان دەخوێندرێ و زمانی نامە گۆڕینەوەی نێوان دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی و دامەزراوە ناوەندییەکانی دەوڵەت دەبێت.

ب-زمانی کوردی زمانی فەرمیی ناوچەی کوردستان دەبێت و لە فەرمانگە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان و خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆکان بەکار دەهێنرێت، بە رەچاوکردنی پاراستنی مافی خوێندن بە زمانی دایك، شان بەشانی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، بۆ کەمینەکان.

چوارەم-بودجە:

ناوچەی ئۆتۆنۆمی بودجەیەکی تایبەتی دەبێ بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ناوچەکە لەو کاروبارانەی کە بە دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی سپێردراون. ئەم بودجەیە ئەنجومەنی راپەڕاندن دایدەنێ، ئەنجومەنی یاسادانان پەسندی دەکاو بەرێز سەرۆکی کۆمار بڕیاری لێ دەدا، وەك لە ماددەی هەشتەمی دەقی یاساکەدا هاتووە.

پێنجەم- مافی کەمینەکان:

هاووڵاتییانی نەتەوەی عەرەب و کەمینە نەتەوەییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەواوی مافی رۆشنبیری و کارگێڕییان بۆ سەلمێنراوە، هەروەك مافی ئەوەشیان هەیە کە لە ئەنجومەنی یاسادانان نوێنەریان هەبێ و بەشداریش بن لەدامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## پرۆژە یاسای هەموارکراوی ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستان کە ساڵی ١٩٨٤ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشکەشی کردووە

دەروازەی یەکەم: ناوەڕۆك و بنچینەکانی ئۆتۆنۆمی

بەشی یەکەم: بنچینە گشتییەکان

ماددەی یەکەم:

أ-ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمی:

ئۆتۆنۆمی سەلماندنی مافی گەلی کوردی عیراقە لە فەرمانڕەوایی کردنی ناوچەی خۆی لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا لە رێی دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندنەوە.

ب-ناوچەی کوردستان ئۆتۆنۆمیی دەبێ و لە هەر جێیەك لەم یاسایەدا ئاماژەی پێ کرابێ، بە ناوچە ناوی هاتووە.

پ-ناوچەکە ئەم پارێزگاو قەزاو ناحیانە دەگرێتەوە:

١-پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك.

٢-قەزاو ناحیەکانی ئاکرێ، شنگال، شێخان، زومار، دوزخورماتو، کفری، داقوق، خانەقین، مەندەلی، ئاڵتون کۆپری، قادر کەرەم، قەرەهەنجیر و لەیلان.

ت-ناوچەکە بەیەك یەکەی کارگێڕی دەژمێردرێ، کەسایەتیی مەعنەویی خۆی هەیە، لە چوارچێوەی یەکپارچەیی یاسایی و سیاسی و ئابوریی کۆماری عیراقدا ئۆتۆنۆمیی هەیە و دابەش کردنی یەکە ئیدارییەکان تێیدا بەپێی یاسای پارێزگاکان رایی دەکرێ، بە رەچاوکردنی ناوەڕۆکی یاسای هەموارکراوی ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستان.

ج-ناوچەکە بەشێکی جیانەکراوەی خاکی عیراقەو گەلەکەی بەشێکی جیانەکراوەی گەلی عیراقەو شاری هەولێر ناوەندی ئۆتۆنۆمی دەبێ.

چ-دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی بەشێکن لە دامەزراوەکانی کۆماری عیراق.

ماددەی دووەم- زمان:

أ-زمانی کوردی زمانی فەرمیی ناوچەکە دەبێ و لە فەرمانگە فەرمی و نافەرمییەکان و دامودەزگاو خوێندنگە و پەیمانگاکان و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بەکار دەهێنرێ، بە رەچاو کردنی سەلماندنی

مافی خوێندن بە زمانی دایك، شان بە شانی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، بۆ کەمینەکان.

ب-زمانی عەرەبی وەك زمانێکی بنچینەیی ئیلزامی لە هەموو قۆناغەکاندا لە ناوچەکەدا دەخوێندرێ و زمانی نامە گۆڕینەوەی نێوان دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی و دامەزراوە ناوەندییەکانی دەوڵەت دەبێ.

پ-هەموو هاووڵاتییانی ناوچەکە مافی هەڵبژاردنی ئەو خوێندنگایانەیان هەیە کە حەز دەکەن تێیدا بخوێنن، بەبێ گوێدانە زمانی دایکیان.

ت-خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا لە ناوچەکەدا بەپێی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت بەڕێوە دەچێ، بەڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی نەتەوەیی ناوچەکە.

ماددەی سێیەم:

أ-ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییانی نەتەوەی عەرەب و کەمینە براکان لەناوچەکەدا بەپێی دەستور پارێزراون و بەڕێوەبەریی ئۆتۆنۆمی دەستەبەری ئەو مافانە دەکات.

ب-هاووڵاتییانی نەتەوەی عەرەب و کەمینە براکان لە ناوچەکەدا بەپێی ڕێژەیان نوێنەریان لە هەموو دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا دەبێ و لەسەر ئەو بناغەیە بەشداری لە پۆستە گشتییەکاندا دەکەن، بە ڕەچاوکردنی لێهاتوویی پێویست بەپێی یاسا.

ماددەی چوارەم: دادوەری

دادوەری سەربەخۆیەو جگە لە یاسا ملکەچی هیچ دەسەڵاتێك نیەو دەزگاکانی لە ناوچەکەدا بەشێکی جیانەکراوەی سیستمی دادوەریی کۆماری عیراقن.

بەشی دووەم: بنچینە داراییەکان

ماددەی پێنجەم:

ناوچەکە یەکەیەکی دارایی سەربەخۆیە لە چواچێوەی یەکپارچەیی دارایی دەوڵەتدا.

ماددەی شەشەم:

ناوچەکە بودجەیەکی تایبەتی بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی کاروباری دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی هەیە. ئەم بودجەیە لەلایەن ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەوە دادەنرێ و بەڕێز سەرۆکی کۆماری عیراق بڕیاری لێ دەداو پەسندی دەکا. ماددەی حەوتەم:

بودجەی ناوچەکە لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێ:

١-بودجەی ئاسایی.

٢-بودجەی ساڵانەی وەبەرهێنان.

٣-بودجەکانی دامەزراوەو کارگەکان و دامودەزگا بەرهەمهێنە لۆکالەکانی ناوچەکە.

٤-بودجەکانی بەڕێوەبەرییە خۆجێیەکان و شارەوانییەکان و هاوینە هەوارەکانی ناوچەکە.

ماددەی هەشتەم:

دەرامەتەکانی بودجەی ناوچەکە لەم توخمانەی خوارەوە پێکدێن:

أ-دەرامەتە خۆجێیەکان کە لەمانە پێکدێن:

١-داهاتی باج و میرانە کە لە ناوچەکە دەسەندرێن، لەوانە داهاتی میرانەی شارەوانییەکان.

٢-پارەی فرۆشتەنی و کرێی خزمەتگوزارییەکان.

٣-پشکی دیاریکراوی قازانجی ئەو دامودەزگایانەی کە بودجەی ناوچەکە دەیانگرێتەوە.

٤-باجی خانوبەرە.

٥-باجی زەویی کشتوکاڵ لەوانە پشکی ریفۆرمی کشتوکاڵ لە بەروبوم.

٦-باجی زەوی و زار لەناوچەکەدا.

٧-باجی میرات.

٨-میرانەی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانوبەرە.

٩-میرانەی تۆمارکردنی ئوتومبیل و گۆڕینی خاوەنێتیی.

١٠-قەرزو یارمەتی کە دەسەڵاتی ناوەندی پێشکەش بە ناوچەکەی دەکات.

١١-پولی پۆستە.

ب-تەرخان کردنی رێژەیەکی بودجەی ئاسایی دەوڵەت و بەرنامەی ساڵانەی وەبەرهێنانی پلانی پەرەپێدانی نەتەوەیی کە رێژەکەی نابێ لە ٢٥٪ کەمتر بێ، بۆ دابین کردنی خەرجییەکانی بودجەی ناوچەکە بە جۆرێك کە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا گەشەکردن و پەرەسەندنی هاوسەنگ دەستەبەر بکات.

ماددەی نۆیەم:

ژمێریاریی ناوچەکە لە لایەن دیوانی چاودێریی داراییەوە وردبینیی تێدا دەکرێ.

دەروازەی دووەم: دەستەو دەسەڵاتەکانی ئۆتۆنۆمی

کاروباری سەرۆکایەتی، بەرگری، کاروباری دەرەوە، دارایی گشتی، پلان دانانی ناوەندی، گومرگەکان، نەوت، پیشەسازیی قورس، بازرگانیی دەرەکی، بانکەکان، داد، تەلەفۆن و پۆستەو تەلگرافی لێ دەرچێ کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دان، هەموو دەسەڵاتەکانی تر کە دەمێننەوە بۆ ناوچەکە دەبن.

بەشی دووەم: ئەنجومەنی یاسادانان

ماددەی دەیەم:

ئەنجومەنی یاسادانان دەستەیەکە بە شێوەیەکی دیموکراتییانەی ئازادو راستەوخۆ، بەبێ دەستێوەردانی هیچ لایەنێك، لە لایەن هاووڵاتییانی ناوچەکەوە هەڵدەبژێردرێ و پێکهاتەو رێکخستن و شێوەی کارکردنی و مەرجەکانی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی بەیاسا رێك دەخرێ.

ماددەی یانزەهەم:

أ-ئەنجومەنی یاسادانان سەرۆکێك و جێگرێکی سەرۆك و رازگرێك لە ناو ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێ.

ب-دانیشتنەکانی ئەنجومەنەکە بە ئامادەبونی زۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانی دەبەسترێن و بڕیارەکانی لە لایەن زۆرینەی ئامادەبووانەوە دەدرێن، مەگەر دەقێکی یاسای ئەنجومەنی یاسادانان شتێکی جیاواز دیاری بکات.

پ-دەرکردنی بڕیاری یاسایی لۆکال لەو بوارانەی کە لە دەسەڵاتیدان، لەوانە بڕیارەکانی تایبەت بە میرانەو باجی ناوخۆیی بەو مەرجەی کە ئەمە لەگەڵ دەستورو لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی یاسا ناوەندییەکاندا بسازێ.

ت-بڕیاردان لەسەر پلانی پەرەپێدانی ناوچەکە کە ئەنجومەنی راپەڕاندن دایدەنێ.

ج-دەرکردنی بڕیاری یاسایی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی تەواوی فەرمانگە فەرمی و نافەرمی و دامەزراوەو دام و دەزگا لۆکالەکانی ناوچەکە.

چ-پەسندکردنی بودجەی تایبەت بە ناوچەکە.

ح-دواندن و لێپرسینەوە لە ئەندامانی ئەنجومەنی راپەڕاندن سەبارەت بەو کاروبارانەی کە پەیوەندییان بەو ئەندامانەوە هەیە.

خ-بەخشینی متمانە بە ئەنجومەنی راپەڕاندن یاخود بە یەکێ یان زیاتر لە ئەندامەکانی و هەر کەسێك متمانەی لێ بسەندرێتەوە، لە ئەرکەکەی خۆی دور دەخرێتەوە. بڕیاری سەندنەوەی متمانە بە زۆرینەی ژمارەی ئەندامە پێکهێنەرەکانی ئەنجومەنی یاسادانان دەدرێ.

د-هەموو بڕیارە یاساییەکانی ئەنجومەن هێزی یاسایان دەبێ.

ماددەی دوانزەهەم:

أ-ئەنجومەنی راپەڕاندن دەزگای راپەڕاندنی کاروباری ئۆتۆنۆمییە لە ناوچەکەدا.

ب-ئەنجومەنی راپەڕاندن لەسەرۆك و جێگرەکەی و ژمارەیەك ئەندام بە قەد ژمارەی ئەو ئەمینداریێتییانەی کە لە برگەی (خ)ی ئەم ماددەیەدا ناویان هاتوە یان بە دوو ئەندام زیاتر لە ژمارەی ئەمینداریێتییەکان، پێکدێ.

پ-سەرۆکی کۆمار ئەندامێکی ئەنجومەنی یاسادانان رادەسپێرێ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنەکە بکاو بەپێی رێسا دەستوری و دیموکراتییەکان ئەنجومەنی راپەڕاندن پێك بێنێ.

ت-سەرۆکی راسپێردراو لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان یان لەو کەسانەی کە مەرجەکانی ئەندامەتییان هەیە، ئەندامانی ئەنجومەنی راپەڕاندن و جێگرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و داوای بەخشینی متمانە لە ئەنجومەنی یاسادانان دەکات. کاتێك بە زۆرینەی ژمارەی ئەندامە پێکهێنەکارەکانی ئەنجومەن، متمانە بەدەست دێنێ، مەرسومێکی کۆماری بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی راپەڕاندن دەردەچێ.

ج-سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن جێگری سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی ناوەندی دەبێ و ئەندامەکانی تریش دەبنە وەزیرو مافی ئەوەیان هەیە ئامادە بن لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ناوەندی.

چ-ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەکەوە هەبێ، سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی دەبێ و ئەنجومەنەکەش لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەبێ، کەسایەتیی مەعنەویی خۆی هەیە و بەپێی یاساکان لە ناوچەکەدا مافی دەرکردنی سیستمی هەیە.

ح-ئەندامانی ئەنجومەنی راپەڕاندن (ئەمیندارە گشتییەکان) هەر یەکەیان لە ئەمینداریێتییەکەی و فەرمانگەکانی سەر بە ئەمینداریێتییەکەی، دەسەڵاتی وەزیری پەیوەندیداری دەسەڵاتی ناوەندیی هەیە.

خ-ئەم ئەمینداریێتییانەی خوارەوە سەر بە ئەنجومەنی راپەڕاندنن:

١-ئاودێری.
٢-ناوخۆ.
٣-پەروەردەو خوێندن.
٤-رۆشنبیری و راگەیاندن.
٥-نیشتەجێ کردن و ئاوەدان کردنەوە.
٦-کشتوکاڵ و ریفۆرمی کشتوکاڵی.
٧-پیشەسازیی ناوخۆیی و سوك.
٨-گواستنەوەو گەیاندن.
٩-لاوان.
١٠-شارەوانی و ناوچە دێهاتییەکان.
١١-هاوینە هەوارو گەشتوگوزار.
١٢-بازرگانیی ناوخۆیی.
١٣-ئەوقاف.
١٤-کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.
١٥-تەندروستی.
١٦-ئازوقە.
١٧-پەرەپێدان.
١٨-دارایی و کاروباری ئابوری.

د-هەموو فەرمانگە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان و دامەزراوەو دامودەزگاکانی ناوچەکە کە سەر بە وەزارەتە ناوەندییەکانن، بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە ئەمینداریێتییە پەیوەندیدارەکانەوە دەبەسترێنەوەو سەر بەوان دەبن.

ر-بەڕێز سەرۆکی کۆمار ئەرکی سەرپەرشتی کردنی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەگرێتە ئەستۆو بڕیارەکانی ئەنجومەنی راپەڕاندن بۆ سەرۆکایەتیی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار بەرز دەکرێنەوە.

ز-سەرۆکی کۆمار دەسەڵاتی لابردنی سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنی هەیەو لێرەدا ئەنجومەنەکە بە لێخراو دەژمێردرێ.

ژ-کاتێك ئەنجومەنی راپەڕاندن لێ دەخرێ یان متمانەی لێ دەسەندرێتەوە، ئەنجومەنەکە تا ئەو کاتەی ئەنجومەنێکی تازە پێك دەهێنرێ، لەسەر

کاربەڕێکردنی کاروبار بەردەوام دەبێ بەو مەرجەی کە ماوەی پێکهێنانی ئەنجومەن لە پانزە رۆژ تێنەپەڕێت.

ماددەی سیانزەهەم:

ئەو یاسایەنەی لەگەڵ ئەم یاسایە ناگونجێن، هەڵدەوەشێنەوەو هەر کات ئەم یاسایە لەگەڵ یاساکانی تر نەسازا، ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێ.

ماددەی چوارەم:

أ-پارێزگاکانی ناوچەکە بە سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندنەوە دەبەسترێنەوە.

ب-ئاسایشی ناوخۆی ناوچەکەو دەزگاکانی بەرپرس لە ئارامی و ئاسایشی ناوخۆ بە ئەمینداریێتیی گشتیی ناوخۆوە دەبەسترێنەوە.

پ-ئەنجومەنی راپەڕاندن لە کاتی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتەکانیدا پشت بەم ئۆفیسانە دەبەستێت:

١-ئۆفیسی ئەنجومەنی راپەڕاندن.

٢-ئۆفیسی بەدواداچون و پشکنین.

٣-ئۆفیسی ئامارو پلان دانان.

ماددەی پانزەهەم:

ئەنجومەنی راپەڕاندن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

أ-دەستەبەرکردنی جێبەجێ کردنی یاساو سیستمەکان.

ب-پابەندبون بەبڕیارەکانی دادگا.

پ-دابین کردنی دادو پاراستنی ئاسایش و ئارامی و پاراستنی دامودەزگا گشتییە نیشتمانییەکان و موڵك و ماڵی گشتی و تایبەت.

ت-دەرکردنی بڕیار لەهەر هەلومەرجێکدا کە جێبەجێ کردنی بڕیارە یاساییەکانی ناوخۆ پێویستی پێ بێ.

ج-ئامادەکردنی پڕۆژەی پلانەکانی کاروباری ئابوریو کۆمەڵایەتی و پڕۆژەکانی پەرەپێدان و کاروباری پەروەردەو فێرکاری و خوێندنی باڵاو تەندروستی و کار بە شێوەیەك کە لەگەڵ پلان دانانی ناوەندیی گشتیی دەوڵەتدا بگونجێ و بەرزکردنەوەی ئەو پڕۆژە پلانانە بۆ ئەنجومەنی یاسادانان بۆ پەسندکردنیان.

چ-دامەزراندنی کارمەندانی بەڕێوەبەریی ئۆتۆنۆمی کە دامەزراندنیان بەپێی یاساکانی خزمەت و میلاك پێویستی بە مەرسومی کۆماری نیە. دامەزرێنراوەکان ئەو یاسایانە دەیانگرێتەوە کە بۆ کارمەندانی کۆماری عیراق دەرچون.

ح-کارمەندانی نیشتەجێی یەکە ئیدارییەکانی بەزۆرینە کورد، لە کوردەکان دەبن بەڕەچاوکردنی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە.

خ-جێبەجێ کردنی بودجەی ناوچەکە بەپێی یاساو بنەما کارپێکراوەکانی سیستمی ژمێریاریی دەوڵەت.

د-ئامادەکردنی راپۆرتێکی ساڵانە دەربارەی بارودۆخی ناوچەکە بۆ سەرۆکی کۆمارو ئەنجومەنی یاسادانان.

دەروازەی سێیەم: پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی.

ماددەی شانزەهەم:

جگە لەو دەسەڵاتانەی کە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بەپێی ئەم یاسایە هەیانە، دەسەڵات لە هەموو شوێنەکانی کۆماری عیراق بۆ دەزگا ناوەندییەکان یاخود بۆ نوێنەرەکانیان دەگەڕێتەوە.

ماددەی حەڤدەهەم:

أ-فەرمانگەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەناوچەکەدا سەر بە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانن و لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیاندا کاروباری خۆیان هەڵدەسوڕێنن و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بۆیان هەیە راپۆرت دەربارەی ئەو فەرمانگانە بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەرز بکەنەوە.

ب-بەڕێوەبەرانی ئەو فەرمانگانەی کە لە بڕگەی

(أ)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێ کراوە، بە فەرمانی وەزیری پەیوەندیدار، پاش ئەوەی کە راوێژ بە سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن دەکات، دادەمەزرێن و دەگوازرێنەوە.

پ-کارمەندەکانی ئەو فەرمانگانەی کە لە بڕگەی (أ)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێ کراوە، بەپێی رێساو دەسەڵاتە کارپێکراوەکانی کۆماری عیراق، بە رەچاوکردنی بڕگەکانی پێشوو، دادەمەزرێن و دەگوازرێنەوە.

ت-حکومەتی ناوەندی لە سنوری دەسەڵاتی خۆیدا مافی ئاراستەکردنی گشتیی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ناوخۆییانەی هەیە کە لە ماددەی دوانزەهەمدا ئاماژەیان پێ کراوە.

ماددەی هەژدەهەم:

أ-دادگایەکی دەستوریی باڵا چاودێریی رەوایی بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەکات.

ب-وەزیری داد بۆی هەیە لەدادگایەکی دەستوریی باڵا تانە لە بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بدات لە سۆنگەی لادان لە دەستورو یاساکان، ئەویش لەماوەی سێ رۆژ پاش ناردنی ئەو بڕیارانە بۆ دەزگا ناوەندییەکان.

پ-تانە لە بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە دادگای دەستوریی باڵا، جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی تا یەکلاکردنەوەی کەیسەکە رادەگرێ.

ت-دادگای دەستوریی باڵا لەماوەیەك کە لە ٣٠ رۆژ پاش پێشکەش کردنی تانەکە تێناپەڕێ، کەیسەکە یەکلا دەکاتەوەو بڕیارەکانی یەکجارەکین.

ج-ئەو بڕیارانەی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی کە دادگای دەستوریی باڵا بڕیاری ناڕەواییان دەدا، تێکڕایان یان بەشێکیان، لە رێکەوتی دەرچونی بڕیارەکەوە بە هەڵوەشاوە دەژمێردرێن و هیچ ئاسەوارێکی یاساییان نامێنێ.

چ-دادگای دەستوریی باڵا چاودێریی رەوایی یاساو بڕیارەکانی دەزگا ناوەندییەکان دەکات بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەو دەسەڵاتانە نەبن کە بە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بەخشراون.

ح-سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن بۆی هەیە لە دادگای دەستوریی باڵا تانە لەو یاساو بڕیارانەی دەزگا ناوەندییەکان بدا کە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانە ناسازێن کە بەپێی ئەم یاسایە بە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دراون.

خ-لە شێوازی تانەگرتن و یەکلاکردنەوەی نەسازانی یاساکاندا بڕگەکانی (پ) و (ت) و (ج) و(چ)ی ئەم ماددەیە لەبەرچاو دەگیرێن.

ماددەی نۆزدەهەم:

أ-ئەگەر ئەنجومەنی یاسادانان لەبەر دەست لەکارکێشانەوەی نیوەی ئەندامەکانی یان لەبەر دەستەبەر نەبونی رێژەی یاسایی نەیتوانی لە ماوەی سی رۆژ پاش بانگهێشت کردنی بۆ کۆبونەوە کۆ ببێتەوە، یان لەبەر ئەوەی زیاتر لە دوو جاری یەك لەدوای یەك، بەپێی بڕگەی (ت)ی ماددەی دوانزەهەمی ئەم یاسایە متمانەی پێ نەبەخشرا، یان ئەگەر سەرپێچیی لەبڕیارەکانی ئەو دەستەیەی چاودێری کرد کە لە ماددەی هەژدەهەمدا ئاماژەی پێ کراوە، سەرۆکی کۆمار بۆی هەیە ئەنجومەنی یاسادانان هەڵوەشێنێتەوە.

ب-کاتێك ئەنجومەنی یاسادانان هەڵدەوەشێنرێتەوە، ئەنجومەنی راپەڕاندن تا هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی یاسایی تازە لە ماوەیەکدا کە لە نەوەد رۆژ پاش دەرچونی مەرسومی کۆماریی تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی تێناپەڕێ، بەردەوام دەبێ لەسەر ئەرکەکانی خۆی.

ماددەی بیستەم:

ئەم یاسایە پاش بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی، دەست بە جێبەجێ کردنی دەکرێ.

## پاشکۆی ژمارە ٤

## پرۆژەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی بارودۆخی شاری کەرکوك و کردنی بە شاری برایەتیی کورد و عەرەب و تورکمان




یەکەم: گێڕانەوەی ئەو کارمەند و کارگوزارو کرێکارە کوردو غەیرە کوردانەی کە لە سۆنگەی فاکتەری سیاسییەوە دەرکراون و خانەنشین کراون و لە پۆستەکانیان لابراون یان کۆتایی بە راژەکانیان هێنراوەو بەرەڵا کراون یان بۆ پارێزگاکانی تر گوێزراونەتەوە، گێڕانەوەیان بۆ سەر کارەکانیان لە کەرکوك، هەروەها گێڕانەوەی ئەوانەی کە بۆ دەرەوەی کەرکوك راگوێزراون و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنە بەرایییەکانی خۆیان لە کەرکوك و دابین کردنی خانوبەرەی گونجاو بۆیان و قەرەبوکردنەوەی زیانەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، هەروەها گێڕانەوەی خوێندکارە دەرکراوو گوێزراوەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ خوێندنگاکانیان لە کەرکوك و نەژماردنی ماوەی دەوام نەکردنیان بە دەرنەچون.

دووەم: هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی موڵك لێ سەندن و هەڵگرتنی بڕیارەکانی دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی هاووڵاتییانی کوردو گێڕانەوەی ئەو موڵك و ماڵە بۆ خاوەنەکانیان یان قەرەبوکردنەوەیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، ئەگەر هاتوو موڵك و ماڵەکە نەما بوو.

سێیەم: گێڕانەوەی ئەو جوتیارە کوردانەی کە لە دەوروبەری کەرکوك و گوندەکانی سەر بە کەرکوك راگوێزراون، بۆ شوێنە بەرایییەکانی خۆیان و قەرەبوکردنەوەیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەپای ئەو زەرەرو زیانەی لێیان کەوتووە.

چوارەم: هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر نیشتەجێبونی هاووڵاتییانی کورد لە هەموو گەڕەکەکانی شاری کەرکوك و دەوروبەرەکەی.

پێنجەم: هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر کارکردنی هاووڵاتییانی کورد لە فەرمانگە فەرمیی و نافەرمییەکان و دامەزراوەکانی نەوت و گۆگردو کارەبا و فەرمانگەکانی دیکەی کەرتی سۆسیالیست و تێکەڵاو و تایبەتی شاری کەرکوك و دەوروبەرەکەی.

شەشەم: هەڵگرتنی کۆت و بەندی سەپاو بەسەر هەڵسوڕانی یاسایی هاووڵاتییانی کورد لە شاری کەرکوك و دەوروبەرەکەی و سەلماندنی مافە یاساییەکانیان سەبارەت بە موڵکایەتی و کڕین و فرۆشتن و مافی بیناکردن و ئاوەدان کردنەوە بەبێ دەستێوەردانی دامودەزگاکانی ئاسایش و ئیدارە.

حەوتەم: گێڕانەوەی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ هەموو خوێندنگەکانی گەڕەکە کوردنشینەکانی شاری کەرکوك.

هەشتەم: سەلماندنی ئازادیی رێکخستنە پیشەیی و سەندیکالیستی و سیاسی و هونەری و وێژەیی و کۆمەڵایەتییەکان لە کەرکوك.

نۆیەم: نەهێشتنی ئەو ئیمتیازاتەی کە بە هۆیانەوە هاووڵاتییانی عەرەبی پارێزگاکانی دیکە هان دراون خۆیان بگوێزنەوە بۆ شاری کەرکوك و تێیدا نیشتەجێ بن و هەڵوەشاندنەوەی کردەوەکانی بەعەرەب کردن و راگواستنی زۆرەملێ.

دەیەم: گێڕانەوەی ناوە کوردییەکان بۆ ئەو گەڕەك و خوێندنگەو دوکان و گوندو شارۆچکە کوردییانەی کە ناوە کوردییەکانیان بە ناوی دیکە گۆڕدراون.

یانزەهەم: رەچاوکردنی هاوسەنگیی نەتەوەیی لە وەرگرتنی پۆستە گشتییەکاندا لە فەرمانگە فەرمی و نیمچە فەرمییەکانی دەوڵەتدا، لەوانە کاروبارەکانی سەر بە دەسەڵاتی ناوەندی.

دوانزەهەم: هاووڵاتییانی تورکمان لە شاری کەرکوك و دەوروبەرەکەی بەبێ هیچ جیاوازییەك هەموو ئەو مافانەیان هەیە کە عەرەب و کوردە براکانیان هەیانە.

## پاشکۆی ژمارە ٥

## سەروتاری گۆڤاری «کۆمەڵە» دەربارەی کۆتایی هێنان بە وتووێژ

لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا (کانونی دووەمی ١٩٨٥) سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە رەسمی کۆتایی بە گفتوگۆی نێوان جوڵانەوەی کوردو حکومەتی عیراق هێنا. بە نوسین و بە ئێزگە ئەو هەڵوێستەی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان راگەیاند. دیارە ئەوە هەنگاوێکی پێویست و موناسب بوو لە ڕووی سیاسەتی تەفرەدان و دەستی دەستی پێ کردن، لە ڕوی سیاسەتی دژایەتی کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ژێر پەردەی گفتوگۆدا.

کەواتە ئەم گفتوگۆیەمان بۆچی پەسند کرد؟ بۆچی کۆتایی پێ هێنانیشی بە چاك دەزانین؟

ئاشکرایە کە یەکێك لە گەورەترینی ئەو کۆسپانەی رێگەی لە بۆ پێشەوە چوونێکی کاریگەری بزوتنەوەی رزگاریی گەلی کوردستانی گرتووە لە عیراقدا، ئەوەیە کە مەسەلەی کورد لە سنوری سیاسیی دەوڵەتی عیراقدا وەکو کێشەیەکی ناوەکی ماوەتەوەو بەرز نەبۆتەوە بۆ سەر ئاستی دەوڵەتان و نەبۆتە کێشەیەکی دەولی.

قەتیس مانی کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی ناوەکی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا هۆی بڕیاردەر بووە لە دیاریکردنی هێڵە ستراتیجییەکانی بزوتنەوەکەدا، لە ئامانج و دروشمەکانیدا، لە تاکتیکەکانیدا، لە شێوەی کارکردنیدا، لە دیاری کردنی هاوپەیمان و دۆستەکانیدا.

بۆیە کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد لە عیراقدا هەمیشە کێشەی نێوان گەلی کوردو حوکمی مەرکەزیی بەغدا بووە، شێوەی خەباتی گەلی کورد هەر چۆنێك بوو بێ، هەر لەو ئاستەداو هەر لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی چارەسەرکردنی دراوە. تەنانەت کە رێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ و خەباتی چەکداریشی گرتووە، بۆ ئەوە بووە هەم بونی نەتەوایەتیی خۆی لەتواندنەوەو فەوتان و سیمای نەتەوەیی کوردستان لە سڕینەوە بپارێزرێ، هەم بۆ ئەوەی زۆر بۆ کاربەدەستانی عیراق بهێنێ چارەی سیاسی بۆ کێشەکەی بدۆزنەوە کە زۆر جار خۆی لە گفتوگۆدا، یان وەکو خەڵك پێی دەڵێ: مفاوەزە، نواندووە.

لەوەتی دەوڵەتی عیراق دامەزراوە، هەوڵ دەدرێ بە زۆر کوردی تیا لە قاڵب بدرێ. کێشەی کوردیش بۆتە یەکێك لە کێشە گرنگ و بنەڕەتییەکانی، مفاوەزەش بۆتە یەکێك لە شێوە کارەکانی جوڵانەوەی کوردو حکومەتی عیراق.

حکومەتی عیراق هەرچەند لە رێگەی بەکارهێنانی

هێزی چەکدار نا ئومێد بووە، بەڵام بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشی کوردستان و سەرکوت کردنی جوڵانەوەکەی، پەنای بردۆتە بەر گفتوگۆ. سەرکردایەتیی جوڵانەوەی گەلی کوردیش هەرچەند هەلی لەباری بۆ هەڵکەوتبێ، ڕێگەی گفتوگۆی گرتووە، ئەویش وەکو مەیدانێکی خەباتی سیاسی بۆ نیشاندانی مافە ڕەواکانی و گەیاندنی دەنگی ئازادو ڕەوای بە رای گشتیی عیراق و ناوچەکە و جیهان.

گفتوگۆ هەمیشە جۆرێك بووە لە زۆرانبازیی سیاسیی نێوان گەلی کورد و حکومەتی عیراق و لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا پەیدا دەبێ کە لە تەرازوی هێزەکانداو لە هەلومەرجی بابەتیدا ڕوو دەدەن و زەمینەی لەبار بۆ هاتنە کایەی ئەو جۆرە زۆرانبازییە سیاسییە ساز دەکەن.

مفاوەزەی ئەمجارەی بەینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی مفاوەزاتی جوڵانەوەی کورد. هەلومەرجی تایبەتی ناوچەکەو عیراق و ئاڵوگۆڕ لە تەرازوی هێزەکان گفتوگۆی هێنایە کایە، لە هەلومەرجێکدا کە نە شۆڕشێکی عیراقیی ڕاستەقینە و بەهێزی ئەوتۆ هەبوو کە بنچینەکانی ڕژێمی هێنابێتە لەرزەو مەترسیی جیدی و ڕاستەوخۆی لەسەر پێك هێنا بێ، نە جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان گۆڕانێکی چۆنایەتیی تەواوی ئەوتۆی بەسەردا هاتبێ کە ئەوەندە فراوانتر لە بەشەکانی تری کوردستان پەرەی سەندبێ، مفاوەزە پەسند نەکاو ڕەتی بکاتەوە. واتە ستراتیج و ئامانج و دروشمەکانی خۆی گۆڕی بێ و تاکتیکی ترو شێوەی کاری تری بۆ خۆی دیاری کردبێ.

بۆیە دەبێ مفاوەزەی ئەمجارە هەر لەم چوارچێوەیەدا لێك بدرێتەوە، بەتایبەتی هەتا دروشمی سەرەکیی جوڵانەوەکە هەر ئۆتۆنۆمی بێ بۆ کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا، کە مەسەلەکەی لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکەو جیهان لە قاڵبی کێشەیەکی ناوەکیی عیراق داوە.

مفاوەزەی ئەمجارەش کە زیاتر لە ساڵێکی خایاند، وەکو هەموو مفاوەزەکانی تری قۆناغەکانی پێشوی خەباتی گەلەکەمان لە ماوەی شەست ساڵەی تەمەنی دەوڵەتی عیراق، بەو ئەنجامە نەگەیشت کە کۆمەڵانی خەڵك دەیانویست، بەڵکو کاربەدەستانی عیراق لەو ماوەیەدا لەباتی ئەوەی هەوڵی ئاسایی کردنەوەی باری نائاسایی کوردستان بدەن، زەبروزەنگ و خراپەکاری دەرهەق خەڵکی کوردستان نەهێڵن، شوێنەواری تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیر بسڕنەوە، لەباتی ئەوەی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بسەلمێنن و هەوڵی دامەزراندنی بنچینەیەکی نوێی یەکێتی و هاوخەباتیی هەردوو گەلی کوردو عەرەب بدەن لە عیراق، هەوڵیاندا ماوەی مفاوەزە بە خراپترین شێوە دژی گەلی کوردو جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکەی بەکار بهێنن و هەمان گەمەی لە مفاوەزەکانی تردا کردویانە سەرلەنوێ دوبارەی بکەنەوە.

هەڵبەتە لە ڕژێمێکی وەکو ڕژێمی ئێستای عیراق کە سروشتی چینایەتی و جۆری ئایدیۆلۆژیی، کە لای کۆمەڵانی خەڵکی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، بە چاکی ناسراوەو تاقی کراوەتەوە لەوە باشتری لێ چاوەڕێ نەدەکرا. هەر بۆیە مفاوەزەکە بە هۆی جیاوازیی بیرو بۆچون و تێگەیشتن و ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کاربەدەستانی عیراق لە سێبەری ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر هەلومەرجی بابەتی و تەرازوی هێزەکاندا هاتن، گەیشتە کۆڵانێکی دەرنەچوی ئەوتۆ کە درێژەپێدانی ئیتر قازانجی بۆ گەلی کوردو بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بە ڕەسمی کۆتایی پێ هێنا.

خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان بە رابەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شێوەی جۆراوجۆر و لە مەیدانی جیاجیادا تاقی کراوەتەوە. بۆیە ئەو خەباتە بە مفاوەزە نەك هەر خاو نەبۆتەوە یان لاواز نەبوە، بەڵکو مفاوەزە خۆی لە خۆیدا شێوەیەکی سیاسیی خەبات بوو بۆ دەربڕینی داوا رەواکانی گەلەکەمان و تێگەیاندنی رای گشتیی جیهان لە ئێش و ئازاری خەڵکی کوردستان، جگە لەوەی کە توانای جوڵانەوەی کورد لە سێبەری ئەم شێوە خەباتە زیادی کرد، ژمارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و باری رێکخراوەیی سەرجەم رێکخستنەکانی ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندازەیەکی باش گەشەی کردووەو بۆ پێشەوە چووە. خەباتی گەلەکەشمان لە جاران بەگوڕترو بەتواناتر درێژە دەکێشێ هەتا هەموو ئامانجەکانی دەهێنێتە دی.

ناوەند

سەرچاوە: گۆڤاری «کۆمەڵە»، ژمارە ١، خولی سێیەم، کانونی دووەمی ١٩٨٥، ل ٣-٦.

## پاشکۆی ژمارە ٦

## بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی کۆتایی هێنان بە دانوستان

هاونیشتمانییانی بەڕێز

پاش ئەو شکستە گەورەیەی کە ساڵی ١٩٧٥ توشی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان بوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دیفاع کردن لە میللەتی کوردو بۆ پاراستنی وجودی نەتەوایەتیی کوردو سیمای نەتەوەیی کوردستان دامەزرا. لەکاتێکدا کە حکومەتی بەعس لە عیراقدا بە پەلەو بە نەخشە خەریکی قۆستنەوەی ئەو شکستە بوو بە مەبەستی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیری خەڵکی کوردو خاکی پیرۆزی کوردستان و پەشیمانبونەوەی دیارو ئاشکرا لە بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە روی شاڵاوی دڕندانەی حکومەتی بەعسدا، بە روی ئەو هەموو ئیرهاب و زەبروزەنگەی بەسەر جەماوەری گەلەکەماندا سەپێنرا بوو، راوەستاو لەو هەلومەرجەدا کە رژێم هیچ دەرفەت و رێگەیەکی بۆ گەلەکەمان نەهێشتبۆوە جگە لە دەست دانە چەك، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێگەی خەباتی چەکداری گرت و لەپێناوی داخوازییە رەواکانی کوردا، لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا شۆڕشی هەڵگیرساندەوە.

ئەگەرچی شۆڤێنییەکانی عەرەب و داگیرکەرانی تری کوردستان، ئەوانەی کە نکوڵی لە سادەترین مافی مرۆیی و دیموکراتیی گەلی کورد دەکەن و نەخشەو پیلانی تواندنەوەو تەفروتوناکردنی دادەنێن، هەمیشە پرۆپاگەندەی ئەوە دەکەن کە گوایە کورد گەلێکی شەڕخوازەو بە فیتی بێگانە دەجوڵێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کورد میللەتێکی ئاشتیخوازو ئازادیخوازە، داوای مافی رەوای زەوتکراوی خۆی دەکا، خەباتی چەکدارانەشی هەر بۆ پاراستنی خۆی و هێنانە دیی ئەو مافانەیە کە لێی زەوت کراون. بۆیە هەر کاتێ مەترسیی لەناوبردن و تواندنەوەی کەوتبێتە سەر، بە ناچاری دەستی داوەتە چەك و ملی شاخە سەرکەشەکانی کوردستانی گرتووەو بە گژ زەوتکەرانی ماف و چەوسێنەرانیدا چۆتەوە.

ئەمجارەش لە شۆڕشی حوزەیرانی گەلەکەماندا، لە شەڕی ئێمەو هێزەکانی حکومەتی عیراقدا کە چەندین ساڵی خایاند، تا دەهات گیانی بەرگری و بەگژاچونەوەی رژێم بەهێزترو بەتواناتر دەبوو و هەرگیز هەلومەرجی سەخت و نابە ڕابەریی تەرازوی هێزەکانی ئێمەو حکومەت تۆزقاڵێك کاری نەکردە سەر ورەو

گیانی هەڵمەت بردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تێکۆشەرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە ئەنجامی ئەو چەند ساڵەی شەڕدا هەزاران رۆڵەی قارەمانی کورد شەهید بون و هەزاران کەسیش لە هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عیراق کوژران. لەو ماوەیەدا حکومەتی عیراق سیاسەتی نالەباری خۆی، سیاسەتی نکوڵی کردن لە مافە رەواکانی کوردو تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیری درێژە پێ دەدا، تا لە ئەنجامی ئەو پێشهاتانەی بەسەر عیراق و رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هاتن، هەلومەرجی گفتوگۆ هاتە پێشەوە.

حکومەتی عیراق خۆی دەستپێشخەریی کرد بۆ پەیوەندی کردن بە سەرکردایەتیی شۆڕشەوە گوایە بە ناو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی کورد لە عیراق.

ئێمەش هەر لە سەرەتای ئەو پەیوەندییەوە پرسیارمان لە نوێنەرانی حکومەتی عیراق کرد کە ئاخۆ دەیانەوێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ریزی موعارەزەی عیراقی بهێننە دەرەوە یان دەیانەوێ کێشەی نەتەوایەتیی کورد لە عیراق چارەسەر بکەن. ئەوە بوو لە وەڵامدا وتیان ئێمە هەست بە بونی کێشەی کورد دەکەین و دەمانەوێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین.

هاونیشتمانییانی بەشەرەف

هەر وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپێناوی مافە رەواکانی گەلی کوردا دامەزراوەو هەر لەپێناوی مافەکانی گەلی کوردا چەندین ساڵە خەباتی چەکداری کردوەو هەزاران کەسی لە رۆڵە دلێرەکانی بە رێگای ئازادی و سەرفرازیی گەلی کورد بەخشیوە، هەر لەپێناوی ئەو مافانەی کوردا بوو موبادەرەی گفتوگۆی قبوڵ کرد کە لە زۆر کاتدا یەکێك بووە لەشێوەکانی خەباتی سیاسی بۆ پیشاندانی داواکانی گەلی کورد.

گفتوگۆ وەکو شێوەیەکی خەبات، یەکەمین جار نیە کە لە خەباتی بێ وچان و پڕ لە قوربانیدانی گەلەکەماندا دەگیرێتە بەر، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش تاقە رێکخراوی کورد نیە کە ئەم شێوە خەباتەی لە هەلومەرجی مناسبی خۆیدا پەسەند کردبێ، بەڵکو گفتوگۆ یەکێك بووە لە شێوەکانی خەبات کە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە گەلێ سەردەمی جیاجیادا بە کاری هێناوە بۆ گەیاندنی دەنگی ئازادی خەڵکی کوردستان، بۆ گەیاندنی داخوازییە رەواکانی بە گشت خەڵکی عیراق و ناوچەکەو جیهان.

بەر لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش چەندین رێکخراوی سیاسیی تر ئەو رێگەی خەباتەیان تاقی کردۆتەوە. زۆر جار ئەو گفتوگۆیەی کە لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق بووە نەگەیشتووە بە ئەنجام و دەرچونی بەیاننامە و سەلماندنی مافەکانی کورد، هەندێ جاریش وەکو ئەوەی لە ئازاری ١٩٧٠ دا، سەرەنجامی گفتوگۆ بەیاننامەی ١١ی ئازار بوو و حکومەتی عیراق بەشێکی مافەکانی گەلی کوردی سەلماند، کەچی لە هەموو جارەکاندا حکومەتی عیراق لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆتەوەو ئیلتیزاماتی خۆی جێبەجێ نەکردووە.

دیاردەی وەك گفتوگۆ لە هەلومەرجی تایبەتی خۆیداو لە سێبەری جۆرێکی تایبەتی تەرازوی هێزەکان و هەلومەرجی بابەتیدا ساز دەبێ، هەروەها جێبەجێ کردنی مافە رەواکانی کوردو بەڵێنەکانی حکومەت پەیوەندیی بە تەرازوی هێزەکانەوە هەیە. بۆیە کە حکومەتی عیراق هەستی بە بەهێزبونی خۆی کردووە، نەك هەر ناوەڕۆکی پێکهاتن و بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووەو لێیان پاشگەز بۆتەوە، بگرە رەفتاری خراپترو زەبروزەنگی زیاتریشی

دەرهــەق خەڵکی کــورد نــواندووە. لـە گفتۆگۆی ئەمجارەشدا پاش زنجیرەیەك پەیوەندیی راستەوخۆو ناڕاستـەوخۆو پـاش پـرس کـردن بـە هـەمـوو کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکانی شۆڕش و رۆشنبیران و پیاوانی خاوەن رای میللەتەکەمان، لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ١٩٨٣دا تەقە راوەستێنرا لە بەینی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عیراق بۆ دەست کردن بە گفتوگۆی راستەوخۆی جیددی لەپێناوی بە پەلە چارەسەرکردنی دیموکراتی و عادیلانەی کێشەی نەتەوەی کورد لە عیراق.

پاش ئەوە، وەفدێکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ سکرتێری گشتی و ئەندامەتیی چەندین ئەندامی سەرکردایەتی چوو بۆ بەغداو لەگەڵ وەفدی باڵای حکومەتی عیراق و سەرکۆماری عیراق کۆبۆوە.

حکومەتی عـیراق، وەکـو پیشەی هەمیشەیی خۆی، بە پێچەوانەی ئەو پەیمان و بەڵێنانەوە کە دابوی بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعـی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی کوردو نەهێشتنی ئیرهاب و زەبروزەنگ و نەهێشتنی شوێنەواری تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیر، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی درۆو ئیستغلالی وەستاندنی شەڕو دەستپێکردنی گفتوگۆ بۆ لاوازکـردنـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتـان و زیـادکـردنـی ئــازاردان و زەبروزەنگ بەرامبەر بە جەماوەری گەلەکەمان.

ئەوە بوو هەر لە سەرەتاوە درۆو دەلەسەیان دژی گفتوگۆ بۆ نائومێدکردنی خەڵکی کوردسـتـان بڵاوکردەوە. لەو هەلومەرجەدا کە خەڵکی چاوەڕوانی ژیانی دیموکراتی بون، حکومەت دەستی کرد بە ئیعدام کردنی دەیان کەس بە ناوی فیرارکردن لە سەربازی و شەهیدکردنی دەیان کادیرو پێشمەرگە و ئەندام و هاووڵاتیی بێ تاوان. هونەرمەندە هەڵکەوتووەکانی کوردیان ئازار داو هەر یەکەیان بۆ شوێنێ هەڵدا، قوتابیانی زانکۆی هەولێریان خستە بەر هەڕەشەی دەرکـردن و گرتن و بڕینەوە، لە ئەنجامدا سەدان کەسیان لێ دەرکردن، گوشارێکی زۆریان خستە سەر کرێکاران و فەرمانبەران و قوتابیان و کاسبکاران بۆ ئـەوەی بە زۆر بیانکەن بە بەعسی و جەیش شەعبی، دەیان دەربەگی خۆفرۆشیان راست کردەوە بۆ تەجنیدکردنی دەیـان هـەزار جاش و بەریان دانە گیانی خەڵکی، ئازاردان و پشکنینی سەر جادەیان خزاندە هەموو شارێکی کوردستانەوە، بە هەڕەشەو بە زۆر هەزاران کەسیان بۆ هەڵبژاردنی ساختە راپێچ کـرد، هتد. هـەروەك لە جیاتی هاوخەباتیی نێوان هـەردوو نەتەوەی کـوردو عـەرەب، دەستیان کرد بە هاوکاری کردنی دوژمنانی هەردوو نەتەوە، وەك لە رێککەوتنە شومەکەی عیراق- تورکیادا دەرکەوت.

هاونیشتمانییانی خۆشەویست

لەم گفتوگۆیەدا پاش دەیان جەلسەی هاوبەش و چەندین جەولەی گفتوگۆو سەدان سەعات گفتوگۆو لێدوان دەربارەی ئاسایی کردنەوەی وەزعی کوردستان و ئەو ناوچانەی تەعریب و تەرحیل و تەهجیرو تەبعیس پیسی کـردون، پاش باس کردنی وردترین تەفاسیلی داخوازیـیـەکـانـی میللەتەکەمان دەربـــارەی یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردستان و رێکخراوە دیموکراتی و پیشەییە کوردستانییەکان و نەهێشتنی فەرق و جیاوازی لە نێوان کوردو ئەندامانی حزبی حکومەت و سنوری تاریخیی کوردستان، پاش ئـەوەی هیچ رێگەیەکی مومکین نەما نەگیرێتە بەر بۆ پێ سەلماندنی مافە رەواکانی میللەتەکەمان، دەستی دەستی پێ کردن و رەفتارو مومارەسەی شۆڤێنییانەی رۆژانـەی کاربەدەستانی حکومەت و سیاسەتی موماتەلەو تەسویف و رەفتاریان لـەگـەڵ رۆڵـەکـانـی گـەلـەکـەمـان، تـەنـانـەت قسە و

تەسریحاتی نابەجێی زۆر لە کاربەدەستانیان ئەوەی سەلماند کە ئەم حکومەتە بە هیچ کلۆجێ نیازی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی کوردی نیە لە عیراقدا، بەڵکو نیازی جێبەجێ کردنی سیاسەتی شۆڤێنییانەی خۆی هەیە لە سایەی درێژەپێدانی گفتوگۆیەکی ناجیددیدا.

بۆیە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبونەوەی فراوانی خۆیدا، بە کۆی دەنگ بڕیاریدا کۆتایی بە گفتوگۆ بهێنێ و ئۆباڵی مەسئولیەتی تاریخیی پساندنی گفتوگۆش دەخەینە سەر حکومەتی عیراق، چونکە هەمیشە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کوردو ئاسایی کردنەوەی وەزعی کوردستان لە دەستی ئەودا بووە.

هەر لەم کاتەشدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هۆشیار دەکەینەوە کە بە تەواوی وریا بن و بە هیچ جۆرێ بە تەمای ئەوە نەبن حکومەتی عیراق کێشەی کورد چارەسەر بکاو ئیرهاب و زەبروزەنگیان لەسەر لابەرێ، بەڵکو خۆیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن کە ئازاردان و گوشارو زەبروزنگ زۆرتر ببێ.

تێکۆشەرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لە جاران سورترن لەسەر مافە رەواکانی گەلەکەمان و بە ورەیەکی بەرز و باوەڕی پۆڵایینەوە درێژە بە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەدەن، لە ژێر دروشمی خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق و کوردستان لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو جۆشدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە رووەو سەرکەوتن.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١٩٨٥/١/١٥

## پاشکۆی ژمارە ٧

## سەروتاری رۆژنامەی «شەرارە» دەربارەی کۆتایی هێنان بە وتووێژ

کاتێك شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، دوا بە دوای رێککەوتننامەی شومی جەزایر، لە ئەنجامی بوودەڵەیی سەرکردایەتیی شۆڕشدا تەفروتونا کرا، هەستی زاڵ بەسەر حکومەتی عیراقدا ئەوە بوو کە بەم رێککەوتننامەیە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستانی لەناو بردووە، بگرە هەندێ لە دۆستانی گەلی کورد پێیان وا بوو هەڵگیرسانی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی چەکدار لە ماوەی دە ساڵدا لە خەونێکی تێکۆشەرانی کورد بەولاوە هیچی تر نیە. کەچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنها دوو مانگ پاش هەرەس دامەزراو لە یەکەم ساڵیادی دامەزرانیدا توانی شۆڕش هەڵگیرسێنێتەوەو دەست بە چالاکیی پێشمەرگانە بکات. یەکێتی سەرەڕای هەندێ سەرەنگرێی عەسکەری کە ئەنجامی پیلانی نێودەوڵەتی بوون، هەر بەردەوام بوو لەسەر کاروانی خەبات بە ئاراستەیەکی رون و رێبازێکی نەگۆڕو لەم سەروبەندەدا، سەرەڕای هەموو بارودۆخە سەختە تەنگژاوییەکان، هەرگیز دەستبەرداری سەربەخۆیی خۆی نەبوە. دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر داوای دەرەوە نەبوە، شۆڕشەکەشی بە هاندانی دەرەوە نەبوە. دامەزراندنی یەکێتی وەڵام بوو بۆ شکست و بەزین، شۆڕشەکەشی بۆ بەرگری بوو لە گەل و خاك و کەلتوری کوردستان. لە ماوەی هەشت ساڵدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەم لە روی سیاسییەوە، هەم لە روی جەماوەرەوەو هەم لە روی عەسکەرییەوە، توانی بە خوێنی سێ

هەزار شەهید کە لە جوامێرترین رۆڵەکانی گەلن، دەستپێشخەری بەدەست بێنێتەوە، کاتێکیش بۆی دەرکەوت کە پێشهاتە تازەکان و دەستپێشخەرییە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەت دەرفەتێکن بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتییانە و دانانی سنورێك بۆ نەهامەتیی گەلی کورد لە عیراق، بڕیاریدا دەست بە دانوستاندن لەگەڵ حکومەت بکا، بەو ئومێدەی کە حکومەت سودی لە ئەزمونە پێشینەکانی خۆی وەرگرتبێ و هەلومەرجی بابەتیش بواری گفتوگۆی لەگەڵ ڕەخساندبێ و بارودۆخی ئێستاشی وای لێ کردبێ دان بە واقیعەکەدا بنێت.

ساڵێکی رەبەق بەسەر گفتوگۆدا تێپەڕی و چەندین دیداریش ساز کران، بەڵام لایەنی حکومی پەنای بردە بەر دەستی دەستی پێ کردن و کات کوشتن، چ لە گفتوگۆکاندا چ لە جێبەجێ کردنی ئەوەی کە ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو و هەردولا واژۆیان کردبوو، بگرە لایەنی حکومی کەوتە پیادەکردنی سیاسەتێکی دژ بە ڕێککەوتن وەك بەردەوامبون لەسەر بە عەرەب کردنی شاری کوردنشینی کەرکوك، درێژەدان بە تۆقاندن، ساختەکاری لە هەڵبژاردندا، هەروەها ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خوێندکارانی کوردستان، زیادکردنی ژمارەی جاش و دەرکردنی سەدان خوێندکار لە زانکۆ لەبەر ئەوەی نەیانویستووە ببنە سەرباز لە لەشکرەکەی تەها جەزراویدا.

دیارە ئەو کاتەی حکومەت دەستی بە دایەلۆگ کرد لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەبەستێکی عەسکەریی هەبوو، ئەویش کێشانەوەی چوار تیپی سوپا بوو لە کوردستانەوە بۆ بەرەکانی جەنگ لە دژی ئێران لە باشوری عیراق. ڕاستە ئەمەی بۆ چووە سەر بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم کارە پەشیمان نیە چونکە یەکێتی بە هیچ شێوەیەك دژایەتیی سوپای عیراق ناکات. هەروەها حکومەت لە پاڵ ئامانجە عەسکەرییەکەدا، مەبەستی بووە ئامانجێکی سیاسیش وەدەست بێنێ، ئەویش لاوازکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە روی سیاسییەوەو لە بەرەنجامدا کۆتایی هێنان بە رۆڵی لە ناو جەماوەر. بەڵام حکومەت هیچی لەم سیاسەتەی نەچنی چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە جەماوەر جیا ناکرێتەوەو جەماوەر یەکێتیی بە ئامرازی بەدی هێنانی ئاواتەکانی خۆی دەزانێ. هەر کەسێك لە پشت ئەم سیاسەتەوە بێ یان سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی بکات، دەبێ دان بە شکستی خۆیدا بنێ، وەك چۆن هەموو پلانە چنراوەکانی دیکەش بەدڵنیاییەوە شکست دێنن، چونکە ئامانجەکەیان فریودانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە. ئەزمونی گەلەکەمان لە عیراق لە رابردوودا، لە سەردەمی داگیرکاریی ئینگلیزەوە، ئەو راستییەی ساغ کردۆتەوە، هەروەك ئاشکراشە کە ئەم جۆرە پلانانە لە هەموو وڵاتانی جیهان شکستیان هێناوە، بۆیە ئەنجامی چاوەڕوانکراوی کاردانەوەی جەماوەر لە هەمبەر ئەم سیاسەتەی فریودان، جۆشدانی خەبات و بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانەیە کە زۆرتر لەگەڵ جۆشدانی خەباتدا دەگونجێن، بە چەشنێك کە لەئاستی جۆشدانەکەدا بن، بەتایبەتی بەردەوامبونی خەباتی شۆڕشگێڕانە و جەماوەریی هاوئاهەنگ لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق و کوردستان لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد.

سەرچاوە: رۆژنامەی شەرارە، ژمارە ١، خولی شەشەم، کانونی دووەمی ١٩٨٥، ل١.

تێبینی: وتارەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## دیكۆمێنتی هاوپەیمانیی شۆڕشگێڕی نێوان پارتی كرێكارانی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان

دیكۆمێنتی هاوپەیمانییەكی شۆڕشگێڕییە، لە ١ی ئایاری ١٩٨٨دا لە دیمەشق لە نێوان سكرتێری گشتیی پارتی كرێكارانی كوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان و سكرتێری گشتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان جەلال تاڵەبانی بۆ ڕێكخستنی پەیوەندیی نێوان هەردولاو دامەزراندنی بەرەی سەرتاسەری كوردستان واژۆ كراوە.

دەقی دیكۆمێنتەكە دیباچەیەكی دورو درێژی هەیە كە لە بەراییدا بە گێڕانەوەی مێژوی سەرهەڵدانی جوڵانەوەی نەتەوەیی كورد لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێ دەكاو پاشان بە باسكردنی دەرفەتە لەدەستدراوەكانی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا گوزەر دەكاو هۆكانی لەدەستدانی دەرفەتەكان رون دەكاتەوە، چ هۆكارەكان ناوخۆیی بن چ دەرەكی. بە شێوەیەكی سەرەكی، گێڕانەوەكە زۆر بە رونی، لە ناوەڕۆكدا، پشت بە شیكردنەوەیەكی چینایەتی لەگۆشە نیگای تیۆریی ماركسیزمەوە دەبەستێ و تێیدا رۆڵی هێزە جیهانییەكان لە سودمەند نەبونی كورد لە مافی چارەی خۆنوسین ئاماژەی پێ كراوە.

دیباچەكە وا دەڕوانێتە بزوتنەوەی كورد كە لە گەوهەردا بریتیە لە «بزوتنەوەی رابون» . بەڵام ئەم دەستەواژەیە زۆرتر بزوتنەوەی كوردی باكور دەگرێتەوەو دیباچەكە پێی وایە پرۆسەی « رابون» لە بنەمادا «لە ژێر كاریگەریی سۆسیالیزمی زانستیدا بووە». دەستەواژەی «سۆسیالیزمی زانستی» دەستەواژەیەكی باوە لەناو ئەدەبیاتی ماركسیستیداو لەو دۆخانەی كە تێیدا شۆڕشگێڕەكان خۆیان لە بەكارهێنانی دەستەواژەی «ماركسیزم» دەپارێزن، هانا بۆ دەستەواژەی «سۆسیالیزمی زانستی» دەبەن و بە هەمان مانا بەكاری دەهێنن. دیباچەكە جەخت دەكاتە سەر رۆڵی بزوتنەوەی چەپی رادیكالی كورد لە «رابون»ی كوردایەتی لە كوردستانی باكورو تیۆرییەكە وای نیشان دەدا كە زیندوكردنەوەی كوردایەتی لە كوردستانی باكور لە كۆتایی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكانی سەدەی بیستەم زادەی تێكهەڵكێش كردنی فاكتەری ئایدیۆلۆژی و فاكتەری نەتەوەییە كە لە ئاكامدا بزوتنەوەی رادیكالی كوردایەتیی لێ بەرهەم هاتووە. دیباچەكە پێی وایە لەو ماوەیەدا چەندەها شانەو رێكخراوی شۆڕشگێڕ لە كوردستانی باكور سەریان دەرهێناوە كە «كەموكوڕییەكانی سەركردایەتیی كلاسیكیی كوردستانی باشوریان تێپەڕاند».

دەقی دیكۆمێنتی هاوپەیمانییەكە بە زمانی عەرەبی بڵاو كرایەوە، بەڵام شێوازی داڕشتنی دەقەكە بۆچونێكی وا بە خەیاڵدا دێنێ كە دەشێ دەقەكە لە بنەڕەتدا بە زمانێكی تر نوسرا بێ و پاشان وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی عەرەبی. داڕشتنە عەرەبییەكەی رستەكان ئاڵۆزییەكی زۆری پێوە دیارەو دەقەكان لە هەندێ شوێن ماناكە بە ئاسانی ناگەیەنن. جۆری داڕشتنەكەش زۆرتر لە شێوازی ئەدەبیاتە ئاڵۆزو دژوارەكانی چەپی رادیكالی توركەوە نزیكە كە ئەمەش پشتگیریی ئەو بۆچونە دەكات كە پێی وایە دیباچەكە لە بنەڕەتدا بە زمانی توركی نوسراوەو پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، وەرگێڕانەكەش لە ئاستێكی وادا نیە كە خۆی لە هەژمون و ئاسەواری زمانە بنەڕەتییەكە راپسكێنێ. بۆیە دەشێ دیباچەكە خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلان نوسیبێتی چونكە شێوازی نوسینەكە كە ئاڵۆزی و درێژدادڕی و پارچە پارچەكردنی بیرۆكە



بنەڕەتییەکە و زۆر دوبارەکردنەوەی تێدایە، هەر لە شێوازی نوسینی ئەو دەچێ، یاخود دەشێ دیباچەکە بە سەرپەرشتیی ئەو نوسرا بێت.

لە دیباچەکەدا چەردەیەك دەستەواژە بەکار هێنراون کە لە ئەدەبیاتی کوردی باشور بەکار ناهێنرێن لەوانە بەکارهێنانی دەستەواژەی «کوردستانی باکور-ڕۆژئاوا» بۆ ئاماژەکردن بۆ کوردستانی باکور. ئەم دەستەواژەیە زۆرتر پشت بە دورایی جوگرافیا دەبەستێ کە وای کردووە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا هەم باکوری کوردستان پێك بێنن هەم ڕۆژئاواکەی. هەروەها لە دیباچەکەدا دەستەواژەی «کۆلۆنیالیزم» بۆ ناسینی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە بەکار هاتووە. ئەم دەستەواژەیە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردی عیراق و ئێراندا باو نیە، بەڵام لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردی تورکیا لەسەر ئاستێکی فراوان بەکار دەهێنرێ. بەپێی تیۆرییەکە، کۆلۆنیالیزم گوزارشت لە سیاسەتی پەلهاوێشتنی سیاسی و ئابوریی هەندێ دەوڵەت بەرامبەر بە گەلانی کەم گەشەکردوو دەکا. بەم پێیە، ئەدەبیاتی کوردی تورکیا وا دەڕوانێتە پەیوەندیی نێوان تورکیا و کورد کە پەیوەندیی نێوان کۆلۆنیالیست و وڵاتێکی کۆلۆنییە، تێیدا تورکیا هەم داگیرکەرو هەم سودمەندە لە کەرەستەی خاوی کوردستان و هەم کوردستانیشی کردۆتە بازاڕێك بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانی.

بیرۆکەی سەرەکیی هاوپەیمانیی پێشنیارکراو پشت ئەستورە بە بونی دوو بزوتنەوەی چەکداری چالاك و بەتواناو گەشەکردوو لە کوردستانی تورکیاو کوردستانی عیراق کە هەردوکیان پێویستیان بە زیادکردنی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوانیانە. لە دیکۆمێنتەکەدا ئەو هاوپەیمانییەی کە ئاماژەی پێ کراوە، لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان وەك هاوپەیمانییەکی ستراتیجی هاتۆتە ئاراوە، بەڵام هەردولای پێکهێنەری هاوپەیمانییەکە نیازی ئەوەیان نیە هاوپەیمانییەکە تا

سەر وەك هاوپەیمانییەكی دوقۆڵی بمێنێتەوە، بەڵكو وایـان دانـاوە كـە هاوپەیمانییە دوقۆڵییەكە تەنها هەنگاوی یەكەمی هێنانە دیـی هاوپەیمانییەكی فـراوانـتـرە كـە تـەواوی حزب و گـروپـە كـاراكـانـی سـەرتـاسـەری كوردستان دەگـرێـتـەوە. بەپێی پلانی دانـراو، هاوپەیمانییەكە لەسەر سێ ئاست بەڕێوە دەچـێ. لە ئاستی یەكەمدا یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی كرێكارانی كوردستان «مەبەستیانە پەیوەندیی شۆڕشگێڕانەی نێوانیان پتەوتر بكەن و بۆ پێشەوەی بەرن»و لەم سەروبەندەدا بنەمایەك بۆ فـراوان كردنی دادەنێن. لە ئاستی دووەمـدا لە هەر پارچەیەكی كوردستان دەبێ «یەكڕیزیی نەتەوەیی» دابین بكرێ و بەرەیەكی یەكگرتوو لە نێوان لایەنە سەرەكی و كاراكان پێك بهێنرێ. لە ئاستی سێیەمدا بەرە كوردستانییەكانی هەموو پارچەكانی كوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەكی ستراتیجیدا یان لە چوارچێوەی بەرەی سەرتاسەری كوردستان یەك دەگرنەوەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتیی كوردی هەموو ئەو دەوڵەتانە دەكەن كە كوردستانیان بەسەردا دابەش كراوە. لەم پرۆسەیەدا وا دانراوە كە تاڵەبانی و ئـوجـەلان رۆڵـی سـەرەكی بگێڕن و بۆ سەرخستنی پرۆژەكە درێغی لە هیچ شتێك نەكەن.

تاڵەبانی و ئـوجـەلان لـەو بـڕوایـەدا بـون كـە لە رەوشێكی دەمدەمیدا، وەك ئـەوەی كە باڵی بەسەر ناوچەكەدا كێشاوە، دانانی ستراتیجێكی نەتەوەیی بۆ بزوتنەوەی كورد كارێكی پێویستە. نیگەرانی لە ئایندەیەكی تەمومژاوی و ترس لە هەڵبەزو دابەزی سیاسەتی نێودەوڵەتی و لێڵیی رەوتی پێشهاتەكانی ناوچەكە، هاندەر بوون بۆ پێكەوە كاركردنیان. ئەو نیگەرانییە بە خۆڕایی و لە هیچەوە نەبوو. بەكردەوە، سێ هۆ بۆ هەردولا مایەی نیگەرانی بون. یەكەمیان، رێككەوتنی ساڵی ١٩٨٤ی عیراق- توركیا كە رێی بە سوپای هـەردوو دەوڵـەت دەدا لە كاتی راونانی گروپە چەكدارەكاندا سنوری نێودەوڵەتیی نێوانیان ببەزێنن. دووەم، هەوڵی عیراق بۆ یەكلاكردنەوەی شەڕ لە كوردستان و دەستپێكردنی شاڵاوەكانی ئەنفال كە تا ئـەو كاتە سێ شـاڵاو ئەنجام درا بـون و لە هەڵەبجەو ناوچەی تریش چەكی كیمیایی بەكار هێنرا بوو. سێیەم، ئەگەری وەستانی جەنگی عیراق- ئێران لە سایەی سازانێكی نێودەوڵەتی بۆ رێگرتن لە سەركەوتنی ئێران و فەرامۆش كردنی مەسەلەی كورد.

دیكۆمێنتی هاوپەیمانییەكە كە تاڵەبانی و ئوجەلان واژۆیـان كـردووە، لـە چـوار سێكتەر پێكدێ. لە سێكتەری یەكەمدا هـەردولا جەختیان كردۆتە سەر پێویستیی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین «بە مافی جیابونەوەشەوە» و خەباتی چەكداریان بە شێوازی سەرەكیی خەبات ناسیوە. هەروەك بە پێویست و گونجاویان زانـیـوە بـەرەی رزگـاریـی نیشتمانی لە كوردستانی باكور پێك بهێنرێ و كۆنگرەیەكی نەتەوەیی، لە سەرەتادا لە نێوان گروپە سیاسییەكانی كـوردی عیراق و توركیا و پاشان لە نێوان گروپە سیاسییەكانی هەمـوو كوردستان ببەسترێ. هەروەها هـەردولا هـاوڕا بـون لـەسەر پشتگیری كردنی هەر پـرۆژەیـەك بۆ دامـەزرانـدنـی رژێمێكی فـیـدرال لە عیراقدا، هەروەك لەسەر ئەوەش هاوڕا بون كە پێویستە هەمـوو هەوڵەكان بۆ رزگاركردنی مەسەلەی كورد لە لۆكالبون و گواستنەوەی ئاستەكەی بۆ ئاستی جیهانی و بردنی بۆ ناو كۆڕە نێودەوڵەتییەكان، چڕ بكرێنەوە، هەروەك جەختیش كرایە سەر دامـەزراندنی هاوپەیمانی لـەگـەڵ بزوتنەوەی رزگـاریـی عـەرەب، بەتایبەتی سـوریـاو «لـەبـەرچـاو گرتنی گرنگیی رزگـاریـخـوازانـەی» شـۆڕشـی ئـێـران بـۆ گـەلانی ناوچەكەو رەتكردنەوەی هەر سازانێك لەگەڵ «هەردوو

رژێمە کۆلۆنیالیستە فاشیستەکەی تورکیاو عیراق» و دامەزراندنی پەیوەندیی هاوپەیمانی لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیست.

لە سیکتەری دووەمدا هەردولا لەسەر هاوکاریی عەسکەری و «پێکهێنانی سوپای رزگاریی نیشتمانی» رێك کەوتون و لە سێکتەری سێیەمدا کە تایبەتە بە هاوکاریی میدیایی، هەردولا بە گونجاویان زانیوە کار بۆ دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستانی ئازادو ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان بکەن. لە سێکتەری چوارەمدا دینامیکیایەکی دیاریکراو بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا دانراوەو تێیدا جەخت کراوەتە سەر «پابەندبون بە دیالۆگ و یەکێتیی کار» و بە پێویست زانراوە کۆمیسیۆنێکی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکە پێك بهێنرێ. لە کۆتایی دیکۆمێنتەکەشدا هەردولا داوایان لە تەواوی لایەنە کوردستانییەکان کردووە ناکۆکییەکانیان وەلاوە بنێن و کار بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان بکەن.

لە ١ی ئایاردا کە رۆژی جیهانیی کرێکارانە، هەردوو سەرکردە، جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵڵا ئوجەلان، دیکۆمێنتی هاوپەیمانییەکەیان واژۆ کردو هەر ئەو رۆژە دوو راگەیەندراوی هاوبەش بە ناوی هەردوکیانەوە دەربارەی رێککەوتنەکە بە زمانی عەرەبی بڵاو کرانەوە. چاوخشاندنەوە بە دەقی هەردوو راگەیەندراودا دەری دەخا کە هەردوکیان یەك ناوەڕۆکیان هەیە بەڵام لە هەندێ رووەوە دەربڕینەکانیان نەختێك جیاوازە.

کۆپیی یەکەمی راگەیەندراوە هاوبەشەکە تاڵەبانی نوسیویەتی و پێدەچێ ئەم کۆپییە دەقە ئوریژناڵەکە بێ کە بە دەستکارییەکی کەمەوە، بەبێ ئەوەی کار لە ناوەڕۆك بکا، کراوە بە تورکی و بڵاوکراوەتەوە. هەروەها تێبینیی ئەوەش دەکرێ کە کۆپیی دووەم هەندێ شتی بۆ زیاد کراوەو هەندێ لە رستەکانی بە چەشنێکی ئایدیۆلۆژیترو رادیکالتر، بەبێ پابەندبونی تەواو بە دەربڕینەکانی دەقی بەرایی، رێك خراوەتەوەو هەندێ جاریش هەموار کراوەتەوەو سەرلەنوێ داڕێژراوەتەوە. پاشان کراوەتەوە بە عەرەبی. نیشانەی ئەوەش کە لە زمانێکی ترەوە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی عەرەبی، ئەوەیە کە بینای رستە عەرەبییەکان لە هەندێ شوێن، بە بەراورد لەگەڵ دەقی ئۆریژناڵ، لەنگ و هەندێ جار شپرزەیە.

جیاوازیی کەمی دەربڕینەکانی نێوان هەردوو کۆپی، کاریگەریی زۆری لەسەر بیرۆکە بنەڕەتییەکان بەجێ نەهێشتووە. بەڵام گەورەترین جیاوازی لەوەدایە کە کۆپی ئۆریژناڵ ناونیشانی «راگەیەندراوی هاوبەش»ی لەسەرە، لە کاتێکدا کۆپی دووەم ناونیشانی «رونکردنەوەیەك بۆ رای گشتی»ی بەکار هێناوە. هەروەها لە کۆپیی ئۆریژناڵدا لە یەکەم دێڕدا باسی کۆبونەوەی هەردوو شاند کراوە، لە کاتێکدا کۆپیی دووەم بە تەواوبونی «کاری لیژنەکانی رێککەوتنەکە» دەست پێدەکات.

هەردوو کۆپی چونەتە سەر گێڕانەوەیەکی مێژوویی خێرای رەچەڵەکی مەسەلەی کورد. لە کۆپیی ئۆریژناڵدا ئۆباڵی پارچە پارچە کردنی کوردستان خراوەتە ملی «دەوڵەتە ئیمپریالیستە براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان»، لە کاتێکدا لە کۆپیی دووەمدا کارەکە خراوەتە ئەستۆی «هێزە سەرمایەدارە-ئیمپریالیستەکان و کۆلۆنیالیستەکان». ئەمەش رونی دەکاتەوە کە کۆپیی دووەم ویستویەتی کاریگەرییە ئایدیۆلۆژییەکان بە شێوەیەکی بەرجەستەکراوتر زەق بکاتەوە.

هەردوو کۆپی دەستەواژەی «بە عەرەب کردن» و «بەتورك کردن» بەکار دێنن، هەردوکیشیان کردەوەکانی عیراق و تورکیا دژی گەلی کورد

لە هەردوو پارچەی باکورو باشوری کوردستان بە «لەناوبردن» ناو دەبەن، هەروەك هەردوکیان ئاماژە بە پەیمان و رێککەوتنەکانی نێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەکەن و ناوی یەکە یەکەی ئەو پەیمان و رێککەوتنانە دێنن. راگەیەندراوەکە لە کۆپیی ئۆریژناڵدا جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە قۆناغەکە پێویستی بە پلانێکی هەمەلایەنەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلاماری دوژمنان. واشی داناوە کە ئەو پلانە هەمەلایەنەیە بە «ئاشتبونەوەی گشتی» دەست پێ دەکا بۆ پەرەدان بە «خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە»، هەروەك داوای لە هەموو گروپە کوردستانییەکان کردوە «بگەن بە هاوپەیمانی» و لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بەرەی سیاسی پێك بێنن.

لە کۆپیی ئۆریژناڵدا «مەترسیداری»ی قۆناغەکە کراوەتە هاندەر بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەواز بۆ یەکگرتنەوەو هاوخەباتی و دانانی بەرنامەی هاوبەش، لەکاتێکدا لە کۆپیی دووەمدا «نەهێشتنی ئەو ناکۆکییانەی کە دەبێ نەگەنە قۆناغێکی مەترسیدارتر»، دەروازەیەکە بۆ ئاشتی و برایەتیی نێوان هێزە کوردستانییەکان. کۆتا ئامانج لە کۆپیی ئۆریژناڵدا خۆی لە «دامەزراندنی بەرەی سەرتاسەری کوردستان»دا دەبینێتەوە، لەکاتێکدا کۆپیی دووەم وای دەربڕیوە کە ئامانجەکە «پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانییە لە سەرتاسەری کوردستاندا». هەردوو کۆپیی بە یەك ناوەڕۆك بەڵام بە دەربڕینی جیاواز، باسی رەوایی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسینیان کردووەو هەردوکیشیان مەسەلەکەیان بە هاوخەباتیی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستییەوە بەستۆتەوە. لە کۆپیی ئۆریژناڵدا تێزی مافی چارەی خۆنوسین بەم جۆرە گوزارشتی لێ کراوە کە هەردولا پشتیوانی لە «هاوخەباتی»ی گەلان دەکەن «بۆ بەرەنگاری کردنی فاشیزم و جەنگ بە هاوبەشی و بەرپاکردنی خەباتی هاوبەش دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوچەکە... بۆ سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلانمان»، لەکاتێکدا کۆپیی دووەم لەو گۆشە نیگایەوە دەڕوانێتە بابەتەکە کە هەردولا «پشتگیری کردنی تەواوی هێزە شۆڕشگێڕو دیموکراتەکان و سەندنی مافی چارەی خۆنوسین لە دوژمنی هەموان، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی ناوچەکە» بە کارێکی پێویست دادەنێن.

## پاشکۆی ژمارە ١

## راگەیەندراوی هاوبەشی کۆبونەوەی هەردوو شاندی پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨دا شاندێکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ عەبدوڵڵا ئوجەلان و شاندێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ مام جەلال تاڵەبانی لە کەشێکی هەڤاڵانەو بە گیانێکی بەرزی هەست کردن بە لێپرسراوەتی و پەرۆشی بۆ گەشەپێدانی جوڵانەوەی رزگاریخوازو دیموکراتیی گەلەکەمان کۆ بونەوەو لە تەواوی رەوش و بوارە سیاسی و ئابوری و رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگای کوردستانیان کۆڵییەوە، لەوەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستە براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان کوردستانیان دابەش کردووەو بە زۆرو بەبێ رەزامەندیی گەلەکەمان بە چەند دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لکاندویانە. لەم سەروبەندەدا ئیمپریالیست و داگیرکەران بەردەوام بون لەسەر چەوساندنەوەی گەلەکەمان و کۆسپیان لە بەردەم پەرەسەندنە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی

و کەلتورییەکەی دروست کرد، بە شێواندنی دیرۆك و کەلتورەکەشی هەوڵی سەرەنگوم کردنی روخسارەکانی کۆمەڵگای کوردستان و هەڵتەکاندنی بناغەکانی بونی نەتەوەیی کوردیان دا، تا مەسەلەکە گەیشتە رادەی هەڵگیرساندنی جەنگێکی رەگەزپەرستانەی فاشیستی لە دژی گەلەکەمان، جەنگی لەناوبردنی سەرتاسەری بە مەبەستی بە یەکجارەکی لەناوبردنی گەلەکەمان، بەتایبەتی لە کوردستانی باکورو کوردستانی باشور. داگیرکەران لەم کارەدا پەنایان بردۆتە بەر جۆرەها رێوشوێنی نامرۆڤانە وەك راگواستنی زۆرەملێ، روخاندنی گوندو شارۆچکەکان، پیادەکردنی سیاسەتی خاکی سوتماك و سیاسەتە کرێتەکەی نیشتەجێ کردنی کۆلۆنیالی و بەعەرەب و بەتورك کردنی کوردستان بە مەبەستی گۆڕینی سیمای نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردستان. داگیرکەران ئەوەندە جەنگی دەستدرێژکارانەو رەگەزپەرستییانەی خۆیان لە دژی گەلەکەمان پەرە پێ داوە کە جەنگەکە گەیشتۆتە رادەی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ، لەوانە چەکی کیمیایی، فسفۆری و گازی ژەهراوی کە هەر هەموی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قەدەغە کراون، بە تایبەتی لە کوردستانی باشور، بە مەبەستی لەناوبردنی گەلەکەمان و دوایی هێنان بە بزوتنەوە رزگاریخوازییە دیموکراتەکەی.

بۆیە، لەبەر مەترسیداریی ئەو قۆناغەی کە گەلەکەمان و بزوتنەوە رزگاریخوازە دیموکراتەکەی پێیدا تێدەپەڕێ و بۆ روبەڕوبونەوەی رەوشی تازەی سەر گۆڕەپانی کوردستان، هەردولا لەسەر ئەوە هاوڕان کە پێویستە بە شێوەیەکی لێبڕاوانە بەرپەرچی ئەو پەلامارە دڕندانەیە بدرێتەوە، کارو خەباتی کۆڵنەدەرانە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی بزوتنەوەی گەلەکەمان درێژە پێ بدرێ و پێداویستییەکانی سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە دابین بکرێ. دیارە ئەمەش تەنها بە یەکخستنی گروپەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و پێکهێنانی بەرەیەکی سەرتاپاگیرو یەکگرتوو لە هەر بەشێکی کوردستان و پەرەپێدانی خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانە و خەباتی هاوبەش و هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان بەرە کوردستانییەکان و گروپەکانی بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەمان لە سەرتاسەری کوردستان بە گشتی و لە هەردوو بەشەکەی کوردستانی باکورو کوردستانی باشور بەتایبەتی، دێتە دی. هەروەها ئەمە پێویستی بە خەباتێکی بێوچان و راستەقینەیە لە دژی رەوتە پاکتاوکەرەکان و فۆرمە پەرتکەرەکان، هەروەك پێویستی بە هاوخەباتییە لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕو دیموکراتە راستەقینەکانی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە.

بۆ رێخۆشکردن بۆ خولقاندنی کەشی برایەتی و هاوپەیمانی و دەستەبەرکردنی زەمینەی ئاشتبونەوەی گشتی، هەردولا لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە تەواوی ناتەبایی و ململانێ لاوەکییەکان بخرێنە لاوەو ناکۆکییە ناوخۆییەکان نەکرێنە ناکۆکیی لێکترازێنەرو لەبری ئەمە هانا بۆ شێوازی دایەلۆگی سودبەخش، بە گیانێکی هەڤاڵانەو هەستێکی بەرزی لێپرسراوەتی ببرێ. سەرەنجام، پێویستە رێوشوێنەکانی دوژمنایەتی و شەڕی براکوژی و یەکتر سوك و چروك کردن، کە تەنها دوژمن سودیان لێ وەردەگرێ، هەموی وەلاوە بنرێن.

هەردولا داوا لە تەواوی گروپەکانی بزوتنەوەی گەلەکەمان لە سەرتاسەری کوردستان دەکەن ئاشتبونەوەی گشتی بەدی بێنن، لەسەر مێزی گفتوگۆ پێکەوە دابنیشن، ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن، کێشەکانیان بە گیانێکی هەڤاڵانەی راستەقینەو بە هەست کردنێکی بەرز بە لێپرسراوەتی چارەسەر بکەن، دوبەرەکییەکان بخەنە لاوە، دەستبەرداری هێرشی میدیایی و موهاتەرات و ململانێ لاوەکییەکان

بن، باوەڕ بە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەو بەرخودانی جەماوەری بۆ رزگارکردنی گەلەکەمان بکەن بە بنەما.

لەو روانگەیەوە کە هەردولا باوەڕیان وایە کە جەنگی رزگاریی گەل و خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانەی جەماوەر چاکترین و دروستترین رێوشوێنە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان و ئومێدەکانی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە، هەردولا بڕیاریان داوە بەوپەڕی وره بەرزییەوە بەردەوام بن لەسەر ئەم چەشنە پێشکەوتووەی خەبات و بە بەردەوامیش کار بۆ پەرەپێدانی بکەن، هەوڵی ئەوەش بدەن کە هەموو پارچەکانی کوردستان هاوکاریی یەکتری بکەن. لەم سەروبەندەشدا لە تەواوی حزب و گروپە کوردستانییەکان داواکارن ئەم رێچکەیە بگرنە بەر، شان بە شانی شێوەکانی دیکەی خەبات لەوانە خەباتی جەماوەری، سیاسی، ئابوری، فیکری و هی تر.

پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باوەڕی تەواویان بە پێویستیی هاوپەیمانی و یەکڕیزیی هێزو گروپەکانی بزاوتی رزگاریخوازی دیموکراتیی گەلی کوردستان هەیەو بە پێویستی دەزانن پەیوەندییەکی ئاسایی لە نێوان ئەو هێزو گروپانەدا هەبێ، بە جۆرێك کە بتوانن ریزەکانیان یەکخەن و بەرپەرچی هێزەکانی شەڕانگێزی و دەستدرێژی و داگیرکردن بدەنەوە. هەروەك هەردولا باوەڕیان بەوەیە کە ئەم پەیوەندییە تەنها بەوە بەردەوام دەبێ و دەچەسپێ کە رێساو بنەماو بنچینەی پتەوو رەگداکوتاوی بۆ دابندرێ وەك رێزگرتن لە سەربەخۆیی سیاسی و فیکری و رێکخراوەیی هەر لایەك، دەست وەرنەدانە کاروباری ناوخۆیی لایەنەکانی ترو لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی تایبەتی هەر پارچەیەکی کوردستان و باوەڕی تەواو بەوەی کە خەباتی چەکدارو بەرگریی گەل رێوشوێنێکە بۆ ئازادکردنی گەلەکەمان و رزگارکردنی نیشتمانەکەمان.

لەکاتێکدا کە هەردوو رژێمە فاشیستەکەی عیراق و تورکیا بە هەموو شێوازو رێوشوێنێك بە گژ جوڵانەوەی رزگاریخوازی دیموکراتیی گەلەکەماندا دەچنەوەو بۆ بەردەوامیی چەوساندنەوەو لەناوبردنی گەلەکەمان و ناوزڕاندنی بزوتنەوە مێژوییە بەجۆش و خرۆشەکەی، دەست لە هیچ رەفتارو هەڵسوکەوتێك ناگێڕنەوەو ناوو ناتۆرەی ناشیرین و قێزەون لە بزوتنەوەکە دەنێن، تاوێك تۆمەتی نۆکەرایەتی کردنی بۆ فلان و فیسار هێز دەخەنە پاڵ و تاوێکی تر بە بزوتنەوەیەکی تیرۆریستی دەیناسێنن، لەمەشدا مەبەستیان ترساندنی رای گشتی و بێبەش کردنی بزوتنەوەکەیە لە هاوسۆزیی گەلان، هەروەك خوازیاریشن تەنگ بە رەوایی و ئامانجە رەواکانی بزوتنەوەکە هەڵچنن. لەم سۆنگەیەوە پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەواوی پەلامارە میدیاییەکانی دوژمنە داگیرکەرەکان و ئیمپریالیستەکان بۆ ناشیرین کردنی ناوبانگی بزوتنەوەی گەلەکەمان، ریسوا دەکەن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تەواوی توێژو چینەکانی کۆمەڵگای کوردستان پشتگیریی ئەم بزوتنەوەیە دەکەن و بەشداریشی تێدا دەکەن. هەردولا داوا لە تێکۆشەرە کوردستانییەکان لە هەموو شوێنێك دەکەن کە وریا بن و خۆیان لە هەر کارێك بپارێزن کە ببێ بە مایەی ناشیرین کردنی ناوبانگی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و هیچ کردەوەیەکی وا ئەنجام نەدەن کە دوژمنان بیقۆزنەوەو خەباتی ئەو تێکۆشەرانەی بە تیرۆر پێ بناسێنن. هەردولا جەخت دەکەنە سەر تاوانبارکردنی تیرۆر بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە، لەوانە ئەو تیرۆرەی کە داگیرکەرانی خاکی کوردستان پیادەی دەکەن، هەروەها تیرۆری تاکڕەوانە.

ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی تورکیاو عیراق لە هەموو قۆناغەکانی مێژودا، بەتایبەتی لەوەتەی کوردستان دوا بەدوای روخانی ئیمپراتۆریا پیرەکەی عوسمانی پارچە پارچە کراوە، هەمیشە لە جەنگدا دژ بە گەلەکەمان و لە هەوڵەکاندا بۆ دامرکاندنەوەی بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەی گەلەکەمان، هاوپەیمانی یەکتری بون. رێککەوتننامەی سەعد ئابادو پەیمانی بەغداو هاوکاریی عیراق- تورکیا بەڵگەی ئەم هاوپەیمانییە ناپیرۆزەی نێوان داگیرکەرانی نیشتمانەکەمانن کە مەبەستیانە گەلەکەمان و بزاڤە رزگاریخوازەکەی لەناو بەرن. ئەم دوو رژێمە فاشیستە بەردەوام لەسەر ئەم رێبازە رۆیشتون و هاوپەیمانییەکەی نێوانیان پەرە پێ داوە تا گەیاندویانەتە رادەی واژۆکردنی رێککەوتننامەیەکی ریسواکراو و زاڵمانە کە رێ بە لەشکری هەر یەکێکیان دەدا شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان لە ناو سنوری ئەوی تر راو بنێ.

بۆیە، لەو تێڕوانینەوە کە هەردولا بە چاکی پەی بە هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر گەلەکەمان و بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی دەبەن و بۆ بەربەرەکانێ کردنی هەردوو رژێمی فاشیست و بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانیان بۆ لەناوبردنی گەلەکەمان و هێشتنەوەی لە دەیجوری دواکەوتویی و کۆیلەداری، دور لە سەربەخۆیی و ئازادی، هەروەها لەو روانگەیەوە کە هەردولا پەی بە پێویستیی مێژویی قۆناغی رزگاریی نیشتمانی و بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی گەلەکەمان دەبەن، پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوا لە تەواوی گروپ و هێزەکانی بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان دەکەن ناکۆکییە لاوەکییەکانیان وەلاوە بنێن، دەست بە دایەلۆگێکی هەڤاڵانەی قوڵ بکەن، لە ئاستی لێپرسراوەتیدا بن و بگەن بە هاوپەیمانی و پێکهێنانی بەرەی خوازراوی خۆیان لە هەر پارچەیەکی کوردستان و هەماهەنگییەك لە نێوان هەموو ئەو بەرانە دروست بکەن، لەپێناوی دامەزراندنی بەرەی سەرتاسەری کوردستان. هەروەها هەردولا داوای هاوخەباتیی نێوان گەلی کوردستان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلانی هەموو ناوچەکە دەکەن، بەتایبەتی گەلانی عەرەب و تورك بۆ بەرەنگاری کردنی فاشیزم و جەنگ بە هاوبەشی و بەرپاکردنی خەباتی هاوبەش دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوچەکە، لەسەروی هەمویانەوە کۆنەپەرستانی تورك و عەرەب، لەپێناوی سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلانمان و مافی دیاریکردنی شێوەی ژیانی خۆیان و بەدەست هێنانی رزگاری و دیموکراسی.

لەم چوارچێوەیەدا هەردولا پرۆتۆکۆلێکی هاوکارییان لەگەڵ یەکتریدا واژۆ کردووە کە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا رادەگەیەنرێ.

پارتی کرێکارانی کوردستان
یەکێتیی نیشتمانی کوردستان
١ی ئایاری ١٩٨٨

تێبینی: دەقەکە تاڵەبانی بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## رونکردنەوەیەك بۆ رای گشتی دەربارەی رێککەوتنی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨دا کاری لیژنەکانی رێککەوتنەکە کۆتایی هات و ئەو لیژنانە، بە گیانی لێپرسراوەتیی نیشتمانی و هەڤاڵانە، بە سەرپەرشتیی سکرتێری گشتیی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵڵا ئوجەلان و سکرتێری گشتیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەلال تاڵەبانی، چەند بڕیارێکی گرنگیان بۆ یەکخستنی بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی گەلەکەمان و بەهێزکردنی ئەم یەکخستنە، دەرکرد.

گفتوگۆکانی ئەم لیژنانە تایبەت بون بە رەوشی مێژویی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و رۆشنبیریی کوردستانی دابەشکراو لەلایەن هێزە سەرمایەدارە- ئیمپریالیستەکان و کۆلۆنیالیستەکانەوەو لەم سەروبەندەدا جەخت کرایە سەر ئەوەی کە چەوساندنەوەو لەمپەرەکانی کۆلۆنیالیزم لەبەردەم بۆ پێشەوە چوونی بزوتنەوەی گەلەکەمان لەڕوی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتورییەوە بە قۆناغێکی دڕندانە گەیشتون. هەروەها رون کرایەوە کە جەنگی رەگەزپەرستانەو فاشیستییانەی دژ بە گەلەکەمان لە هەڵکشان دایەو ئامانجەکەی لەناوبردنی تەواوی گەلەکەمانە، هەروەها رێوشوێنە کۆلۆنیالیستییە بەکارهێنراوەکانی ئەم جەنگە تاوتوێ کران لەوانە دەربەدەرکردنی بەکۆمەڵ و خاپورکردنی گوندو شارۆچکەکان، سەرباری رێوشوێنەکانی تواندنەوەی گشت گەلەکەمان لە رێی بە تورك كردن و بە عەرەب كردنەوە بە مەبەستی سڕینەوەی روخساری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و لەناوبردنی یەکجارەکی (چەشنی ئەوەی کە لەم دواییەدا لە کوردستانی باشور رویداوە). هەروەها هەڵوەستەیەك لەسەر هەوڵەکانی پاکتاوکردنی جوڵانەوەی نیشتمانیی دیموکراتی گەلەکەمان کراو لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیانە، بڕیاری گونجاو دەرکرا.

لە وتوویژەکاندا جەخت کرایە سەر ئەوەی کە هەردوو حکومەتە فاشیستەکەی تورکیاو عیراق لە رێی جەنگێکی دزێوەوە لە دژی گەلەکەمان هەوڵ دەدەن بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکرات بخنکێنن و پەرەسەندنی ئەم بزوتنەوەیە لە کار بخەن.

سەربار، بارودۆخی شۆڕشی ئازادی و سەربەخۆیی لە کوردستانی باکور کە هەموو رۆژ دوراییەکی نوێ وەردەگرێت، باس کرا. هەروەك هەموو پەیمان و رێککەوتنەکانی نێوان دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان لەوەتەی کوردستانیان داگیر کردووە، بەسەر کرانەوە وەك پەیمانی سەعد ئاباد، پەیمانی بەغدا، پەیمانی سەنتۆو هی تر، کە ئامانجیان تەنگهەڵچنین بووە بە گەلەکەمان. لەم سەروبەندەدا مەبەستی هەردوو رژێمە فاشیستەکەی عیراق و تورکیا لە هێنانە کایەی رێککەوتنی دژ بە هێزە پێشەنگەکانی گەلەکەمان و پێشهاتە شۆڕشگێڕییەکان تاوتوێ کران، هەروەك رێوشوێنەکانی تێکۆشان و شێوە پێشکەوتووەکانی خەبات بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو رێککەوتنانە، مشتوماڵ کران.

لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە وتراو بۆ راماڵینی بەربەست و مەترسییەکانی بەر رێی نەشونمای بەرخودانی نیشتمانیی گەلەکەمان، هەردوو حزب بە رێککەوتنێکی سیاسی گەیشتن و ئەم دیکۆمێنتەی رێککەوتنی هاوکارییان واژۆ کرد:

- بۆ راگرتنی پەلاماری دەستدرێژکارانەی دژ بە گەلەکەمان و بۆ پەرەپێدانی بەرگریی نیشتمانی، تێکۆشانێکی لێبڕاوانەتر بەرپا دەکرێ. بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی سەرکەوتنی جەنگی نیشتمانی و کۆکردنەوەی تەواوی هێزە نیشتمانییەکانمان و دەستپێکردنی دایەلۆگ لەگەڵیان لەسەر ئاستی نیشتمانی (بەپێی بارودۆخی هەر پارچەیەکی کوردستان و بەپێی رەوشی گشتیی نیشتمان) بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەك لە نێوانیاندا، دەبێ پەرە بە پەیوەندییەکان و هاوکاری و هاوخەباتی بدرێ.

- پەرەپێدانی خەباتی چەکداری هەر بەشێك و کارکردن بەوپەڕی تواناوە لەسەر هەموو ئاستەکان

بۆ نەهێشتنی ئاراستە پاکتاوکەرەکان و دوبەرەکی.
- قوڵکردنەوەی پەیوەندیی هاوخەباتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕە- دیموکراتەکانی گەلانی سەردەستی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

بەر لە هەموو شتێك، بۆ سازکردنی کەش و هەوای ئاشتی و برایەتی لە نێوان کەس و گروپ و هێزەکان و بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکییانەی کە دەبێ نەگەنە قۆناغێکی مەترسیدارتر، ئەویش لە ڕێگای کۆنتاکت و دیدارو راگرتنی شاڵاوی پروپاگەندەو پەرەپێدانی خەباتی رزگاریخوازی چەکدارو بەرهەڵستیی نەتەوەییەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوا لە هەموو هێزە نیشتمانییەکان دەکەن دایەلۆگی ئاشتییانە لەنێوانیان دەست پێ بکەن، بیروڕاو تێڕوانینەکانی خۆیان بە چەشنێکی هەڤاڵانەو بە لێپرساوەتییەکی بەرزەوە بخەنە بەردەم یەکترییەوە، چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان بکەن و دوبەرەکییەکان وەلاوە بنێن لەپێناوی ئەوەی کە بچنە ناو جەنگەی خەبات و بەرخودانی چەکدارو تێکۆشان.

هەردوو ڕێکخراو جەنگی رزگاریی گەل و بەرخودانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرو بزوتنەوەی نیشتمانیی دیموکرات لەپێناوی بەدیهێنانی هیواو ئاواتەکانی گەلەکەمان، بە سەرکەوتووترین ڕێوشوێن دادەنێن و لەم رووەوە ئامانجی پەرەپێدان و بەردەوامیی ئەم خەباتەیان کردۆتە بنچینەی کاری خۆیان. سەبارەت بەم خاڵە و بۆ ئەوەی لە سەرتاسەری کوردستاندا هێزێکی پتەوو تۆکمە بێتە ئاراوە، هەردولا داوا لە تەواوی هێزە کوردستانییەکان دەکەن ئەو تیۆرییە پەسند بکەن و کاریشی پێ بکەن. سەربار، هەردولا بۆ پەرەپێدانی خەباتی ئابوری و سیاسی و کەلتوری، هەنگاوی گەورەتر لەم بارەیەوە هەڵدەهێنن.

پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وای دەبینن کە لە رەوتی پەرەپێدانی ململانێ لە دژی دەسەڵاتی بیانی و دژی هەموو شێوەکانی کۆنەپەرستی و بۆ یەکخستنی هێزە نیشتمانییەکان، دەبێ بگەن بە ڕێککەوتن و هاوپەیمانی. هەردولا، پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەوە دڵنیان کە ئەو پەیوەندی و هاوپەیمانییانەی کە لەسەر بنچینەیەکی ساغڵەم دانامەزرێن، سەرکەوتوو نابن. بۆیە، لە بنیاتنانی ئەم پەیوەندییانەدا، دەبێ ڕێز لە سەربەخۆیی هەر ڕێکخراوێك لە روی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە بگیرێت و نابێ هیچ ڕێکخراوێك دەست بخاتە ناو کاروباری ڕێکخراوەکەی تر، هەروەك دەبێ هەلومەرجی هەر پارچەیەکی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت و پەیوەندییەکان لەسەر ئەو بنچینەیە پەرە پێ بدرێن.

دوژمنە کۆلۆنیالیستەکانمان لەپێناوی پەکخستنی بەرگریی نیشتمانی و پوکاندنەوەی جەنگی سەربەخۆییداو بۆ ناوزڕاندنی ئەو خەباتە رزگاریخوازییە، فلانە ڕێکخراو بە تیرۆریست تۆمەتبار دەکەن و فیسار ڕێکخراویش بە نۆکەر. هەردوو ڕێکخراو ئەم تۆمەتانە رەت دەکەنەوەو ریسوایان دەکەن، هەردوکیشیان لەو بڕوایە دان کە هەر چینێکی کۆمەڵگای کوردەواری بایەخی تایبەتی خۆی لە خەباتی رزگاریی نیشتمانیدا هەیە. هەردولا لەم بارودۆخە مەترسیدارەدا بە گرنگی دەزانن خۆیان لە هەر کارو پەیوەندییەك رزگار بکەن کە دەشێ سەرکەوتنێك پێشکەش بە دوژمن بکات و پێویستە خۆیان لەم جۆرە پەیوەندییانە بپارێزن، لە هەمان کاتیشدا داوا لە هێزە کوردستانییەکان دەکەن بەرپەرچی ئەو کردەوە توندوتیژانە بدەنەوە کە دوژمنان لە کوردستان ئەنجامی دەدەن.

له کۆتاییدا، دیاره هێزه فاشیسته کۆلۆنیالیستەکان خوازیارن گەلەکەمان و بزوتنەوە نیشتمانییەکەی تەفروتونا بکەن و ڕێ لە ڕزگاربون و سەربەخۆبونی کۆمەڵگاکەمان بگرن بۆ ئەوەی هەمیشە لە دواکەوتوییدا بێ.

هەردولا کە شیکردنەوەی قوڵیان بۆ ڕەوشی ئێستاو بۆ بارودۆخی پاشەڕۆژ هەیە و مەترسیداریی ئەو هەلومەرجەی تێیداین تێدەگەن، ڕوو لە هەموو ئەو کەس و گروپ و ڕێکخراوانە دەکەن کە باوەڕیان بە ڕزگاریی کوردستان هەیەو داوایان لێ دەکەن کۆتایی بە دوبەرەکییەکانیان بهێنن، ناکۆکییەکانیان لە چوارچێوەی خەباتی ئایدیۆلۆژیدا چارەسەر بکەن، خۆیان بە لێپرساو بزانن و لەم خەباتی چەکدارەدا بۆ یەك ئامانجی بنچینەیی تێ بکۆشن، ئەویش پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانییە لە سەرتاسەری کوردستاندا لەسەر بناغەی بەرگری و بەرخودان.

هەردولا پشتگیری کردنی تەواوی هێزە شۆڕشگێڕە دیموکراتەکان و سەندنی مافی چارەی خۆنوسین لە دوژمنی هەموان، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی ناوچەکە و بەدەستهێنانی شێوازێکی ژیان بەو جۆرەی کە گەلەکەمان پێی ڕازی دەبێ، بە ئەرکی خۆیان دەزانن. لەسەر هەموو ئەم خاڵانە، لەگەڵ یەکتریدا گەیشتوین بە ڕێککەوتن و لەم سۆنگەیەوە هەردولامان ئەم دیکۆمێنتەی هاوپەیمانیمان واژۆ کردووە.

عەبدوڵڵا ئوجەلان
سکرتێری گشتیی پەکەکە
جەلال تاڵەبانی
سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١٩٨٨/٥/١

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## دیکۆمێنتی هاوپەیمانیی شۆڕشگێڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پێشهاتەکانی بوارە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئەو ئاستەی کە ناکۆکی و پەیوەندییەکانی گەلانی دراوسێ پێی گەیشتون، ڕێخۆشکەر بون بۆ دابین کردنی هەلومەرجێکی خەملیوتر بۆ هێنانە دیی هاوپەیمانیی شۆڕشگێڕانە. ئەو پێشهاتانە ئەوەندەی بەو پێشهات و ناکۆکییانەوە بەستراونەتەوە کە لە ناوچەکەدا بەرەو هەڵکشان دەچن، بەهەمان بڕ لە ژێر کاریگەریی پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان دان.

دامەزراندنی پەیوەندیی پێویست بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندنی شۆڕشگێڕانە لە وڵاتێکی دیاریکراودا، بەر لە هەموو شتێك پێویستی بەوەیە هەلومەرج و فاکتەرە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بگەنە ئەندازەیەکی دیاریکراوی خەملین، چونکە ئەگەر هەلومەرجەکە نەگاتە ئەندازەی خەملینی پێویست بۆ گۆڕانی شۆڕشگێڕانە، هەرچەند ویستی شۆڕشگێڕانە مکوم و پتەو بێ و هەرچەند چالاکییەکانیش لەسەر ئەم بنچینەیە کاراو کاریگەر بن، بەپێی یاسایەکانی مێژوو هیچ دەرفەتێك بۆ پەرەسەندنێکی گرنگ و کاریگەر نارەخسێ.

ئەو داخرانەی کە سەدان ساڵە دەسەڵاتی بیانی لە کوردستان خوڵقاندویەتی و بونی کوردستان بە مەیدانی جەنگێکی هەمیشەیی لە ناو جغزی داخرانەکەدا، بۆتە هۆی جڵەوگرتنی ویستی ئازادانەی گەلی کوردو خاوکردنەوەی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکەی، هەروەك بۆتە مایەی شێواندنی ئەو پەرەسەندنە بە شێوەیەکی ترسناك بە هۆی کوشت

و کوشتارەوەو لە سۆنگەی چواندنی بە ستراکچەرە کۆمەڵایەتییەکانی هێزە بیانییەکان. ئەم شێواندنەی ڕەوتی پەرەسەندن کە تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە، ڕێخۆشکەر بووە بۆ هاتنە ئارای هەلومەرجێکی ناوخۆیی نەسازاو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانمان و بووەتە هۆی لاوازکردنی ئەگەری هاتنە ئارای پەرەسەندنێکی سیاسیی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەل و نەتەوەو بە هەمان شێوە گونجاو لەگەڵ لەدایکبوی هۆشیاری و ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانەی پێویست بۆ دابین کردنی ئەو بەرژەوەندییە، هەروەك ڕێگاکەشی بە رووی پەرەسەندنێکی شێواودا کردۆتەوەو ئەگەری لەناوبردنی ئەو پەرەسەندنە شێواوەشی لە هەر ساتێکدا لە ڕێی پیلان و فرتوفێڵەوە بە کراوەیی هێشتۆتەوە.

لێرەدا دەتوانرێ بوترێ کە ئەو بارودۆخەی لە وڵاتەکەماندا لە ئارادا بوو، وا خەریکە بەرە بەرە هەڵدەوەشێتەوەو نامێنێ. بێگومان ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوی بە بزوتنەوە سەربەخۆییخوازو ئازادیخوازەکانی سەرتاسەری جیهانەوە هەیە. لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەشەوە کە سەردەمەکەمان سەردەمی شۆڕشی چین و نەتەوە چەوساوەکان و سەردەمی هەرەس هێنانی ئیمپریالیزمە، هەر دەبوایە ئەو پێشهاتە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئێمەش هەبێ، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو بزوتنەوە سەربەخۆییخوازو ئازادیخوازە سەرکەوتووەکانی شوێنەکانی تری جیهان هەبوە. بەڵام واقیعی پارچە پارچەیی وڵاتەکەمان کە زادەی چەردەیەك هۆی مێژوویی و سیاسییە، هەروەها دڕندایەتیی بێگانەو سروشتی ئەو جینۆسایدەی کە بێگانە بە بەردەوامی هانای بۆ بردووە، لێ نەگەڕاوە لە زەمان و زەمینی گونجاوی خۆیدا هاوبەشی گەلانی جیهان بین لە ڕابونی نەتەوەیی سەردەمی شۆڕشە بورژوازییەکان و نەشیهێشتووە لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا بگەین بە سەربەخۆیی و ئازادی لەسەر بنەمای پرنسیپەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

هەڵکشانی ڕاپەڕینەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەم، لە روی بابەتییەوە گەلەکەمانی گەیاندە بارودۆخێکی هاوشێوەی بارودۆخی ئەو گەلانەی کە لە سەدەی بیستەم بە ئاواتی ڕزگاری گەیشتن، بەڵام لە ئەنجامی ستراکچەری کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی و تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕاپەڕینانەی کە پشت ئەستور بون بەو ستراکچەرەو هەروەها لە ئەنجامی ئەو گۆشەگیرییە بەردەوامەی کە کۆلۆنیالیستەکان لە دەرەوە سەپاندبویان، شان بە شانی ئەو هاوکارییە توندوتۆڵەی کە بۆ تەفروتوناکردنی ئەو ڕاپەڕینانە پێشکەش کرا، لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا تەواوی ئەم ڕاپەڕینانە شکستیان هێنا. لە کاتێکدا کە سەردەمێکی تازەی سەربەخۆیی و ئازادبونی گەلان پاش هەڵایسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەستی پێ کردو پاش لێکترازانی ستراکچەری سیستەمی سەرمایەداری- ئیمپریالیستی دوا بە دوای یەکەم جەنگی دابەشکردنی جیهان، ئێمە لە کاروانی سەردەم و قۆناغی شەپۆلی ڕزگاریخوازیی سەرتاسەری جیهانی ئەو سەردەمە دوا کەوتین و بەجێ ماین، ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی وڵاتەکەمان دیسان کەوتەوە بەر شاڵاوی پەلامارو داگیرکاری لەسەر دەستی دیکتاتۆریای ئەو بورژوازییەی کە خاوەنی ڕابردویەکی مێژوویی ئێجگار کورت بوو، هەروەها لەبەر زاڵبونی سروشتێکی فاشیستییانە بەسەر بورژوازیی کەمالیستیی تازە پەیدابووی تورکیادا، سەرباری تەفروتوناکردنی هەموو ڕاپەڕینەکانی کوردستان. جگە لەوە، بەشێکی گرنگی کوردستان کە لەمەوبەر لە ژێر دەسەڵاتی تورکدا بوو، لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەو ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئینگلیز کە ئەمەش

بووە هۆی هاتنە ئارای پێشهاتی تەواو جیاواز لە بەشی باشوری کوردستان چونکە ستراکچەری ناسراوی ئیمپریالیزمی ئینگلیز چەشنێکی دیکەی پێشهاتی لە کوردستانی باشور هێنایە دی و ئاستی چەوسانەوەی لەوێ دابەزاند. بە هۆی ئەمەوە، ئەم پێشهاتە کاری کردە سەر گەشەی کەلتوری و سیاسیی گەلەکەمان، کە ئەمەش بووە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ بەردەوامبونی دۆخی راپەڕین.

هەرچەند راپەڕینەکانی کوردستانی باشور لە رۆژگاری جەنگی دووەمی جیهانەوە توانییان بە شێوەیەکی باشتر خۆیان رێك بخەنەوە، بەڵام لەبەر باڵادەستیی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی نەیانتوانی ستراکچەرە خێڵەکییە کۆنەکە تێپەڕێنن. ئەمەش بە نۆرەی خۆی توانای ناوخۆیی پێویست بۆ لەدایکبونی پێشەنگێکی سەرکەوتوو و لە ئەنجامدا هاتنە ئارای گۆڕانکاری لە سەرەتاوەو بە رێکوپێکی، کەم کردەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو راپەڕینانەی کە ئامانجەکەیان پاراستنی بونی نەتەوەیی کوردە، هەر بەردەوامن و تا رادەیەکی زۆریش یارمەتیدەرن بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی گەلەکەمان. هەموو راپەڕینەکانی سەرتاسەری کوردستان تا ئەمڕۆ، واتە تا دوایین چارەکی سەدەی بیستەم، شکستیان هێناوە لەوانە هەوڵی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم، بۆ دامەزراندنی کۆماری مەهاباد. بە تەنیشت ئەمەوە، هەوڵە یەك لە دوای یەکەکانی تەفروتوناکردن هەر بەردەوام بون و تا ئەو رادەیە توندوتیژ بون کە لێرەو لەوێ قەسابخانەیان هێنایە ئاراوە. لە ئەنجامدا، ریتمی چەوساندنەوە بە هاوتەریبی لەگەڵ سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ئابوری و شێواندنی کۆمەڵایەتی و تواندنەوەی کەلتوردا سەر بەرەو ژور هەڵکشاوەو بووەتە مایەی قەبەکردنی قەوارەی هەڕەشەو تا رادەیەکی زۆر وای لە ئومێدی رزگاربون کردوە کە لە کزی بدات.

بە دڵنیاییەوە رەوڕەوەی مێژوو نەوەستاوە. ئەو گۆڕانە مۆدێرنانەی کە بەسەر ستراکچەری کۆمەڵایەتیدا هاتن، چوارچێوە وشك و برینگە کۆنەکەیان تێپەڕاندو لە ئاکامدا توێژێکی فراوان لە لاوانی روناکبیر سەری دەرهێنا. بە شێوەیەکی دانەبڕاو لەم مەسەلەیەو لەسەر بنچینەی خێرایی گەشەی سەرمایەداری- هەرچەند ئەم گەشەیە سروشتێکی بیانیی هەبوە- لە هەموو کات زیاتر هەلومەرجی بابەتی بۆ دەرکەوتنی چین و توێژی مۆدێرن رەخسا و لە ئەنجامی ئەمەدا بنچینەی پێویست بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوە هاوچەرخەکان پێك هات. ئەمە، بە دیاریکراوی، بە پێشهاتی تازەی ئەم قۆناغە دادەندرێ.

لە سەرەتای حەفتاکان بە دواوە، ئەم پێشهاتە بابەتییە تازانە کەوتنە ئەوەی کە بە شێوەیەکی کارا خۆیان بسەپێنن. پاش بێدەنگییەکی دورو درێژو پاش قۆناغێکی تاریك، هۆشیاریی نەتەوەیی و چینایەتی لە کوردستانی باکور- رۆژئاوای ژێردەستی کۆلۆنیالیزمی تورکیا وردە وردە دەستی بە گەشەکردن کرد. لە ئەنجامی ئەم بزوتنەوەیەی رابوندا کە لە ژێر کاریگەریی سۆسیالیزمی زانستیدا بووەو بەو پێیەی کە سۆسیالیزمی زانستی چاکترین بیروباوەڕە بۆ گوزارشت کردن لە راستیی کۆمەڵایەتی، چەندەها شانەی شۆڕشگێڕ پێك هێنران. بە هەمان شێوە، چەندین شانەی شۆڕشگێڕو کۆڕبەندی هاوشێوە پەیدا بون کە کەموکوڕییەکانی سەرکردایەتیی کلاسیکیی کوردستانی باشوریان تێپەڕاند. هەرچەند ئەو شانە هاوشێوەو لێك نزیکانە لە هەردوو پارچەی کوردستاندا رۆژ بە رۆژ زیادیان دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەستێك لە نێوانیاندا هەبێ، بەڵام ئەو شانەو کۆڕبەندانە بە تێپەڕبونی رۆژگار هەستیان کرد کە زۆر پێویستە هاوپەیمانی و پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا پێك بێنن. لەم سەروبەندەدا لە کاتێکدا کە گەشەی

نایەکسان لە دەوڵەتە فرە نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستان، توانای هێنانە دیی هاوبەستەگیی هاوبەش لاواز دەکەن، لە هەمان کاتدا رێ بۆ لێك نزیکبونەوەی ژێرخانی بابەتییانەی هاوشێوەی هەردوو بەشی کوردستان خۆش دەکەن.

لەم سەروبەندەدا، جەنگی عیراق- ئێران کە لە نزیکەوە کار دەکاتە سەر کوردستان و بەشێکی گرنگی کوردستانیشی گرتۆتەوە، بۆتە مایەی لاوازبونی توانای کۆنترۆڵکردنی کوردستان، هەروەك کارێکی وای کردووە ناکۆکیی نێوان نەتەوە سەردەستەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ببێ بە ناکۆکییەکی توندوتیژو قوڵ، لەکاتێکدا کە بە درێژایی سەدان ساڵ دەرفەت هەبوە ئەو ناکۆکییانە بە دانوستان و رێوشوێنی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن و هەر ئەو ناکۆکییانەشن کە زەمینەیەکی تەواو گونجاویان بۆ خەباتی هاوبەش لە کوردستان ساز کردووە. شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، سەرباری ئەوەی کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئەو تەرازوی هێزەی وێران کردووە کە ئیمپریالیزم لە دەرەوە بەسەر ناوچەکەی خۆماندا سەپاندوویەتی، کە ئەمەش رەنگدانەوەی ویستی ئازادە بە روی تەرازووە وێرانکراوەکەی هێز، هەروەك رەنگدانەوەی دورنما رادیکالەکەی ململانێی عەرەب- ئیسرائیل و نەشونماکردنی قەوارەی پەرەسەندنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی عەرەبە لەو ساڵانەدا. هەموو ئەم فاکتەرانە کەشێکی ئێجگار گونجاویان بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی دژ بە ئیمپریالیزم لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێك هێناوە. سەربار، تەشەنە سەندنی تەنگژەی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە تورکیا بە هاوتەریبی لەگەڵ پەرەسەندنی شەپۆلی شۆڕشگێڕی لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە، بۆ یەکەم جار لە مێژوی کوردستاندا بۆتە مایەی رێخۆشکردن بۆ سەرکەوتن و سەرفرازی.

بە کورتی، لەو روانگەیەوە کە هەردوو رێکخراو، پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پەی بەو پێشهاتانە دەبەن، وای دەبینن کە پێویستە، بگرە ئەرکێکی مێژوییشە کە پەرە بە دانوستان و پەیوەندیی دوقۆڵی و کاری هاوبەش بدەن. هەروەك لە هەمان کاتدا وای دەبینن کە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە پێویستییەکی گرنگی هەستکردنێکی قوڵە بە لێپرسراوەتی بەرامبەر بە گەلەکەمان. هەردولا مەبەستیانە پەیوەندیی شۆڕشگێڕانەی نێوانیان پتەوتر بکەن و بۆ پێشەوەی بەرن، بە جۆرێك کە لەگەڵ خواستەکانی گەلەکەماندا بگونجێ.

نوێنەرانی هەردوو رێکخراو لەسەر ئاستی سکرتێرە گشتییەکان جموجوڵ دەکەن و بەوپەڕی پێداگرتن و سوربونەوەو بە هەست کردنێکی بەرز بە لێپرسراوەتی، هەوڵ و توانایان بۆ سود وەرگرتن لە پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەو بارودۆخی ئەمڕۆ دەخەنە گەڕ. هەردولا سورن لەسەر چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بەدیهێنانی یەکڕیزیی نەتەوەیی لە هەردوو پارچەی کوردستاندا، بە جۆرێك کە دواتر سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوە، خوازیاریشن چوارچێوەیەکی دروست بۆ ئەو هەنگاوە یەکخەرانە دابنێن و ئەوەندەی لە توانایان دایە کار بۆ ئەوە بکەن کە هەموو رێکخراوە خەباتگێڕو بەرپرسەکان بتوانن بێنە پاڵ ئەم هەنگاوانەوە. ئەگەر تا ئێستا هەلومەرجی بابەتی دەستی هەبوو بێ لە سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی یەکگرتنەوەدا، دیارە هەلومەرجی خۆییش رۆڵێکی بەرچاوی لەم کارەدا هەبوە، سەرباری چەند فاکتەرێکی تری وەك باوەڕ نەهێنان بە خەباتی چەکدارو زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە دژ بە چەوسانەوەو توندوتیژیی کۆنەپەرستانەی کۆلۆنیالیستەکان کە ئەو توندوتیژییەیان گەیاندۆتە ئاستی ئەنجامدانی کوشت و کوشتار، هەروەها خۆ

سازنەدان و ئەنجام نەدانی چالاکیی ڕێکخراوەیی و خۆ سەرقاڵ نەکردن بە کۆششی پێویست بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە. ئەم بارودۆخە لایەنە خراپەکانیشی قوڵ کردۆتەوە، بگرە بارودۆخەکە لە سەروی ئەو هۆیانەشە کە بونەتە مایەی پەکخستنی کۆشش و هەنگاوەکانی یەکخستن. لەبەر ئەوە هەردوو ڕێکخراو تەنها بە پەسندکردنی ئەم ڕاستییە دانەکەوتون کە شۆڕش لە کوردستاندا نەك هەر بە هانا بردن بۆ ئەم ڕێوشوێنانە گەشە دەکا، بەڵکو پشت بەست بە ئەنجامەکانی ئەزمونی تێکۆشانی هەر یەکێکیان لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوەو بە کەمترین تواناوە، جەختیان کردۆتە سەر گرنگیی ڕۆڵی خەباتی چەکداریش لە کوردستاندا.

خەباتی چەکداری هەڵکشاوی ئەمڕۆی گۆڕەپانی کوردستانی باکور- ڕۆژئاواو کوردستانی باشور، توانای گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵکی و پەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی گەلەکەمان دەردەخا، هەروەك نیشانی دەدا کە خەباتی چەکدار ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەیە. لەبەر ئەم هۆیە، هەردوو ڕێکخراو کە بە کردەوە گەشەیەکی بەرچاویان بە شۆڕشی کوردستان داوە، هەموو تواناو کۆششی خۆیان بۆ پەرەپێدانی ئەو هەنگاوانەی یەکخستن، بۆ پوچەڵ کردنەوەی پەیوەندی و هاوپەیمانیی هەردوو ڕژێمە کۆلۆنیالیستە فاشیستەکەی تورکیاو عیراق، دەخەنە گەڕ.

لە لایەکی ترەوە، سودمەندبونی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشور لە جەنگی عیراق- ئێران، بۆتە مایەی تۆقاندنی هێزە کۆلۆنیالیستییەکانی تورکیاو عیراق کە لەگەڵ یەکتریدا ڕێك کەوتون و بەشداریشن لە ئەنجامدانی چەپەڵترین تاوان لە مێژودا لە هەڵەبجە، سەرباری ئەوەی کە ئەم دوو ڕژێمە دەستبەرداری ئەوە نابن کە بە چاوچنۆکییەوە بڕواننە پەترۆڵی کوردستان و جەختیش لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لێناگەڕێن بزوتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان هیچ دەستکەوتێك بەدەست بێنێ و بەهۆیەوە ببێ بە هێزێکی سیاسی یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان بەشدار بێ لە دەوڵەتێکی فیدرال، هەروەك بڕیاریشیان داوە ناوچەیەکی ئەمنی بە درێژایی پشتێنەی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەت و بە پانیی ١٥ کیلۆمەتر لە هەر دیوێکی سنور پێك بێنن، ئەویش بۆ خنکاندنی شۆڕش لە کوردستانی باکور- ڕۆژئاوا. بەڵام هەردوو ڕێکخراو کارێکی وا دەکەن ئەو ناوچەیەی کە هەردوو ڕژێمە کۆلۆنیالیستە فاشیستەکەی تورکیا و عیراق دەیانەوێ بیکەنە ناوچەیەك بۆ پچڕاندنی یەکێتیی گەلەکەمان و ئەنجامدانی کوشت و کوشتار تێیدا، ببێتە ناوچەیەك بۆ یەکخستنی گەلەکەمان، ببێتە گۆڕستانی کۆلۆنیالیستەکان و قەڵای تۆکمەی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان. هەردوو ڕێکخراو جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە هیچ دودڵ نین لە بەجێهێنانی ئەرکی مێژویی و ڕۆژانەی خۆیان کە مەسەلەی گەلەکەمان پێی سپاردون، هەروەك ڕێگاش نادەن هیچ هۆو تەگەرەیەك ببێتە بەربەست لە بەردەم ئەم جۆرە پەیوەندی و هاوپەیمانییانەی کە مەبەستیان بەدی هێنانی ئەم جۆرە ئامانجە پیرۆزانەیە. هەردوو ڕێکخراو کە پێیان وایە گەلەکەمان زۆر پێویستی بەم جۆرە هاوپەیمانییانەیە و سوریشن لەسەر کاروانەکە، کاروانی ئازادی لەپێناوی کردنی مێژوی گەلەکەمان بە مێژوی ڕزگاربون، وا دەڕواننە خۆیان کە بەرپرسن لە پابەندبون بە دابین کردنی پێداویستییەکانی گەلەکەمان و داخوازییە مێژووییەکانی. لەسەر ئەم بنچینەیە، هەردوکیان ئەم ڕێککەوتنە دوقۆڵییە واژۆ دەکەن کە مەبەستەکەی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوەیە.

بەم بۆنەیەشەوە دەمانەوێ هەموان لەوە ئاگادار

بکەینەوە کە دەرگای ئەم ڕێککەوتنە والآیە لەبەردەم هەموو کەس و گروپ و حزبێکی بەرپرس کە هاوڕا بێ لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم ڕێککەوتنەو لەو بڕوایەدا بێ کە ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە سەرەتای پێکهێنانی بەرەی خوازراوی کوردستان.

ئامانجەکانی هاوپەیمانی

أ-لەسەر ئاستی سیاسی:

سەبارەت بە کوردستانی باکور- ڕۆژئاوا:

١-خەبات بۆ بەدەستهێنانی دانـنـان بە مافی چارەی خۆنوسین بە مافی جیابونەوەشەوە بۆ گەلی کورد لە کوردستانی باکور- ڕۆژئـاواو کارکردن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مافە و پشتگیری کردنی بە هەموو شێوەیەك.

٢-ناسینی خەباتی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیی تورکیا وەك دوو هاوپەیمانی بنەڕەتی و پشتگیری کردنی هەر هاوپەیمانییەکی نێوانیان.

٣-پەسندکردنی شـێـوازە شۆڕشگێڕییەکان، لە سـەروی هەمویانەوە خەباتی چەکدارو کارکردن بۆ پەرەپێدانی ئـەم خەباتە بە هەمـوو شێوەو شێوازێك لەپێناوی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراسیدا.

٤-پێویستە لەسەر هەموو ئەو کەس و گروپ و حزبانەی کە دێنە ناو ئەم هاوپەیمانییەوە، هەوڵی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی بدەن.

٥-دورکەوتنەوە لە هەموو ئەو تێڕوانین و ئاراستەو گروپ و هاوپەیمانییانەی کە دەشێ ببن بە مایەی لەدەستدانی بڕیاری سەربەخۆی گەلی کوردستان لەمەڕ پەرەپێدانی خەباتی رزگـاریـی نیشتمانیی کوردستان یان پەکخستنی ئاسەواری ئەو بڕیارە و لە ئەنجامدا پاکتاوکردن و لە ناوبردنی، وەك ئەوەی کە لە رابردوودا زۆر جار رویداوە.

٦-پێویستیی دامـەزرانـدنـی بـەرەی رزگـاریـی نیشتمانیی کـوردسـتـانـی بـاکـور- ڕۆژئـــاوا وەك ئەنجامێکی سروشتیی ئەم خەبات و کۆششانە.

سەبارەت بە کوردستانی باشور:

١-خـەبـات بـۆ بەدەستهێنانی دانـنـان بـە مـافـی چارەی خۆنوسین بۆ گەلەکەمان لەم پارچەیە بە شێوەیەکی شیاوی جێبەجێ کردن و بە جۆرێك کە نەبێتە بەربەست لەبەردەم پێشهاتە شۆڕشگێڕییەکان و کارکردن بۆ بە کردەوە جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە.

٢-نـاسـیـنـی خـەبـاتـی نیشتمانی- دیموکراتیی گەلەکەمان لە کوردستانی باشور وەك بنچینەیەك بۆ خەباتی گەلی عیراق لە پێناوی دیموکراسیداو کارکردن بۆ بە کردەوە جێبەجێ کردنی ئەو ناسینە.

٣-دانـانـی چـوارچـێـوەو دورنـمـای دیـاریـکـراو بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئێران تا کۆتایی هاتنی جەنگی عیراق- ئێران بە جۆرێك کە قازانجی بۆ هـەردولا هەبێ و بە شێوەیەك کە خزمەتی خەباتی هەردولا بکات و پشتیوانی کردن لە دامـەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای برایەتی و یەکسانی و سەربەخۆیی و دیاریکردنی ئایندەی ڕژێمی عیراق بەپێی ویستی ئـازادانـەی گەلی عیراق، بە ڕەچاوکردنی ویستی گەلی کورد لە پرۆسەی دیاریکردنەکەدا بەپێی مـافـی چارەی خۆنوسین.

٤-لـەبـەرچـاو گرتنی ئـەگـەری دامـەزرانـدنـی حکومەتێکی فیدرال لە کوردستانی باشورو پشتیوانی کردن لە هەوڵەکانی بەدیهێنانی.

٥-کردنی ئەو ناوچە سنورییەی کە هەردوو ڕژێمی تورکیا و عیراق کردویانەتە ناوچەیەکی ئەمنی، بە بنکەیەك بۆ یەکێتی و بەرگریی گەلەکەمان.

٦-کردنی ڕێوشوێنە شۆڕشگێڕییەکان بە بنچینەی خەبات و دەمـەزەردکـردنـەوەو جێبەجێ کردنی ئەو ڕێوشوێنانە بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەرامبەر بە

هەوڵەكانی پاكتاوكردن و ساتوسەودا.

٧-گەیاندنی هەوڵەكانی یەكخستن بۆ ئاستی ڕێكخستنێكی بەرەیی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

سەبارەت بە كوردستانی باكور- ڕۆژئاواو كوردستانی باشور پێكەوە:

پەلەكردن لە هەوڵەكانی بەستنی كۆنگرەیەكی نیشتمانی لە نێوان هەردوو پارچەداو پاشان بۆ سەرتاسەری كوردستان. بۆیە پێویستە كار بۆ ئەم ئامانجانە بكرێ:

١-دیاریكردنی ئەو كەموكورتی و هەڵانەی كە لە ڕەوتی كاركردن بۆ بەدی هێنانی ئامانجەكە سەریان هەڵداوە.

٢-بڵاوكردنەوەی بانگەواز بۆ هەموو ئەو هێزانەی كە پشتیوانی لە بەستنی كۆنگرەیەكی نیشتمانیی سەرتاسەری كوردستان دەكەن بەو پێیەی كە ئەم كۆنگرەیە ئەركی دەركردن و چاودێری كردنی یاساكانی شۆڕشی كوردستان لە ئەستۆ دەگرێت.

٣-دامەزراندنی دەزگایەكی جێبەجێكار كە بەكۆنگرەوە ببەسترێتەوە.

٤-هەوڵدان بە هاوبەشی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ بەدی هێنانی ئامانجە ناوبراوەكان.

سەبارەت بە ناوچەكە:

١-دامەزراندنی هاوپەیمانیی بەهێز لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریی عەرەب، لە سەروی هەموویانەوە سوریا، لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و كۆنەپەرستی.

٢-لەبەرچاو گرتنی گرنگیی ڕزگاریخوازانەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ گەلانی ناوچەكە چ پێش جەنگ و چ لە كاتی جەنگداو هەوڵدان بە هەموو تواناوە بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانی لە نێوان گەلانی ناوچەكە لەسەر بنەمای یەكسانی و ویستی ئازادو مافی چارەی خۆنوسین.

٣-دانانی بەوەی كە هیچ دەرفەتێك بۆ سازان لەگەڵ هەردوو ڕژێمە كۆلۆنیالیستە فاشیستەكەی توركیا و عیراق نیە و ئامادەیی بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئەو ڕژێمە دیموكراتییانەی كە پاش ڕوخانی ئەم دوو ڕژێمەو هاتنە سەر كاری حكومەتی پێشكەوتنخوازی دیموكرات، لەم دوو وڵاتە دادەمەزرێن و جەخت كردنە سەر پێویستیی بەهێزكردن و پتەوكردنی شۆڕش لەم دوو وڵاتەدا.

لەسەر ئاستی جیهان:

١-دامەزراندنی پەیوەندیی هاوپەیمانی لەگەڵ بلۆكی سۆسیالیست و دۆستایەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی كە پشتیوانی لە خەباتی گەلەكەمان دەكەن.

٢-دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمە دیموكراتە بورژوازییەكان و سۆسیالیستە دیموكراتەكان لەسەر بنەمای دیموكراسی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنوسینی گەلان.

٣-كاركردن بۆ گواستنەوەی دەنگی بزوتنەوەی نەتەوەیی كورد بۆ ئاستی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ویستی ئازادانەی گەلی كوردستان و هەوڵدان بۆ دابین كردنی سۆزی ڕای گشتیی جیهان بۆ مەسەلەی كورد.

ب-لەسەر ئاستی عەسكەری:

١-سود وەرگرتنی هەر لایەك لە ئەزمونی لاكەی تر.

٢-پشتگیری و هاوكاریی كردنی یەكتری.

٣-سود وەرگرتنی هەر لایەك لە تواناى مەشق و ڕاهێنانی لاكەی تر.

٤-هەوڵدان بە شێوەیەكی چڕ بۆ پێكهێنانی یەكەی عەسكەریی هاوبەش لە كاتی پێویستدا.

٥-وەك ئەنجامێكی ئاسایی ئەم هەوڵ و كۆششانە، پێویستە هەر لایەك ئەركی سەر شانی خۆی بۆ پێكهێنانی سوپای ڕزگاریی نیشتمانیی كوردستان لە

کاتی خۆیدا بەجێ بهێنێت.

ج-لەسەر ئاستی هاوکاریی میدیایی:

١-دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستانی ئازاد وەك دەنگی بەرگری و بەرخودان بە شێوەیەکی وا کە روی دەمی لە هەموو کوردستان بێ.

٢-پەرەپێدانی شارەزاییە میدیاییەکان و دابین کردنی پێداویستییەکانی دامەزراندنی دەزگایەکی بڵاوکردنەوە و دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی دەوریی هاوبەش بە ناوی هاوپەیمانییەکەوە.

٣-کارکردن بۆ دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان.

د-دینامیکیای پەیوەندیی نێوان هەردوو رێکخراو:

١-پابەندبون بە دایەلۆگ و یەکێتیی کار وەك بنچینەیەك بۆ ئامانجە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوە بە شێوەیەکی گشتی. هەردوو رێکخراو دژی ئەوەن کە لایەنێك رای خۆی بەسەر لایەنەکەی تردا بسەپێنێ، هەروەك دژی ئەو هەڵوێست و هەوڵانەشن کە دەشێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تەگەرە لەبەردەم فراوان کردنی چوارچێوەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا دروست بکەن، هەروەها هەردولا ئازادیی بانگەشە و پرۆپاگەندە بۆ یەکتری دەسەلمێنن.

٢-پابەندبون بە پێویستیی دەرفەت نەدان بە هەوڵە پاکتاوکەر و روخێنەرەکان کە زیان بە شۆڕش دەگەیەنن و پابەندبونی هەردولا بە پێویستیی کارو جموجوڵی دیسپلینداری بێ سنور لە بواری کاری هاوبەشدا، هەم لە ناو وڵاتدا هەم لە دەرەوە.

٣-هەردوو رێکخراو بە پێویستی دەزانن کۆمیسیۆنێکی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکە لەبەر رۆشنایی ئەو ماددەو بنچینانە پێك بهێنرێ.

٤-لەبەر رۆشنایی ئەو بنچینەو ماددانەی کە لە سەرەوە بە شێوەیەکی گشتی رون کراونەتەوە، داوا لە هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکراتییە بەرپرسەکانی کوردستان دەکەین هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان وەلاوە بنێن و هێزو هەوڵەکانیان بخەنە پاڵ هەوڵەکانی دامەزراندنی پەیوەندی و پتەوکردنی هاوکاری و هاوپەیمانیی نێوانیان.

بژی خەباتی گەلی کوردستان لە پێناوی رزگاری و یەکێتیی نەتەوەیی و دیموکراسیدا.

سەرشۆڕی بۆ رژێمە فاشیستە کۆلۆنیالیستەکان و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی.

پارتی کرێکارانی کوردستان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١ ی ئایاری ١٩٨٨

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## دێگەڵە (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی ناحیەو بارەگاکانی فەوجی دێگەڵەو رەبیەکانی دێگەڵەو رەبیەکانی دەوروبەری لە ٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧. مەسەلەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە لە کۆبونەوەیەکدا بە سەرپەرشتی کۆسرەت رەسول عەلی لێپرسراوی مەڵبەندی سێ و بە بەشداریی فەرماندەکانی بەشێکی تیپەکانی پارێزگای هەولێر لەگوندی سماقوڵی، تاوتوێ کراو بڕیاری لێ درا. بەشداربووەکانی کۆبونەوەکە ئەم فەرماندانە بوون: تەحسین کاوانی فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، جەنگی فەقیانی فەرماندەی تیپی ٩٠ی باواجی، سەفین مەلا قەرە فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین. بەکر مستەفا فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیەو مەجید میرخان فەرماندەی تیپی مەڵبەندی سێ.



بەپێی نەخشەکە، غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود فەرماندەی تیپی ۸۷ی قەرەچوغ فەرماندەی مەیدانیی ئۆپەراسیونەکە بوو، فەرماندەکانی تریش هەر یەکێکیان قوڵێکی پێ سپێردرا، گرتنی رەبیەکانیش خرایە ئەستۆی سمکۆ قادر نەبی بڵباس فەرماندەی کەرت لە تیپی ۸۷ی قەرەچوغ.

شەوی ۳ لەسەر ٤ی ئەیلولی ۱۹۸۷ هێزی پێشمەرگە لە چەند قوڵێکەوە هێرشی دەست پێکرد، ئەویش بەمجۆرە: لە قوڵی یەکەم تیپی ۸۷ی قەرەچوغ هێرشی کردە سەر فەوجی سوکی ۱۵۳ی جاشەکانو دوو رەبیەی دەوروبەریو چەند رەبیەکی دیکە کە دەڕواننە سەر پردی حاجی وسو. لە قوڵی دووەمدا تیپی ۸۵ی بەرانەتیو تیپی مەڵبەندی سێو دەستەیەکی رێکخراوی یەکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجی سوکی ۱۵٦ کە لە ناو بینای بنکەی پۆلیسی ناحیەکەدا بوو. لە قوڵی سێیەمدا تیپی ۹۱ی سەفین هێرشی کردە سەر رەبیەکانی کە دەڕواننە سەر گوندی عەلیاواو دوڵی دێگەڵە. لە قوڵی چوارەمدا تیپی ۸٦ی دەشتی هەولێر هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عیراق لە سەربانی خوێندنگەیەکی ناحیەکە. لەقوڵی پێنجەمدا تیپی ۹۰ی باواجی هێرشی کردە سەر هێزەکانی پاسەوانیی پردی دێگەڵە. لە قوڵی شەشەمدا تیپی ۸۳ی هەورێ هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن لە ئۆردوگای زۆرەملێی سۆفیان. لە قوڵی حەوتەمدا تیپی ۹۳ی کۆیە هێرشی کردە سەر هێزەکانی دوژمن لەسەر رێگای گۆمەتاڵ - دێگەڵە.

بە هۆی ئەوەی رەبیەکانی دەوروبەری ناحیەکە بارەگای سریەیان لەخۆ گرتبوو، ژمارەیەکی زۆر سەربازو جاشیان تێدا کۆ کرابووەوە. بۆیە شوێنەکە بەئاسانی نەگیراو هێرشەکە چەند پێشمەرگەیەکی تێدا بریندار بوو بەڵام لە کۆتاییدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر بارەگای سریەو هەمو رەبیەکاندا گرتو هەموو ئامانجەکانی بەدەست هێناو لەم سۆنگەیەوە بۆ ماوەی چەند سەعاتێك رێگای نێوان هەولێر و کۆیە گیرا.

ئۆپەراسیۆنەکە چەند سەعاتێکی خایاند. دوژمن

زیاتر له ١٥٠ سەربازو جاشی لێ کوژرا لەوانە لێپرسراوی یەکەی ١٣٤٢٨و دوو ئەفسەرو یەك فەرماندەی سریە. لە ئۆپەراسینەکەدا دە ئوتومبیلی سوپایی تێک شکێنران. هێزی پێشمەرگە زیاتر لەپێنج هەزار فیشەکی چنگ کەوت و دەستی بەسەر زیاتر لە ٢٠٠ پارچە چەكو دە ئوتومبیلدا گرت، سەرباری گرتنی زرێپۆشێك کە گەیەنرایە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە. هەروەها چل سەربازو جاش بەدیل گیران. ناوی سەربازو دیلەکان کەزۆربەیان خەڵکی بەغدا و موسڵ و شنگال و شێخان بوون، لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرایەوە.

هێزی پێشمەرگە ٣ شەهیدی بە ناوی ئیسماعیل ونکەیی و حەسەن ئیسماعیل بانی مارانیو مامە رەشو ٦ بریندای هەبوو.

ناوی بەشێك لەو پێشمەرگانەی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشدار بون: عوسمان عەلی سور، تاریق یەزدین چاوشین، سەردار عەزیز قورشاغلو، بەختیار کاکل چاوشین، سەعدی شۆرە زەرتکەیی، ئەحمەد حەسەن بچکۆل، جەلال ئیلنجاغی، عەلی پونگینە، کۆچەر عەبدوڵلا، خالید حاجی، شەفیق چاوشین، فاقە مەخموری، هاشم شەمامکی، بورهان سەعید سۆفی، عوسمان جەمیل، سەردار چاوڕەش، عوسمان بانی مارانی، رەئوف نێرەگینی، سوارە بێستانەیی، رەشۆ مەخموری.

ئۆپەراسیونەکە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە هەولێردا هەبوو. سەرەڕای ئەوەی کە شەڕەکە چەند سەعاتێکی خایاند، فەرماندە عەسکەرییەکانی عیراق هیچ هێرشێکیان لە هەولێرەوە بۆ فریاکەوتنی هێزەکانی دێگەڵە نەنارد.

دێگەڵە: کەوتۆتە سەر رێگای هەولێر ـ کۆیەو ٣٥ کیلۆمەتر لە شاری هەولێرەوە دورە. گرتنی دێگەڵە بڕینی رێگای هەولێر ـ کۆیەی لێ دەکەوێتەوە. رێگایەك لە دێگەڵەوە بەرەو باشور شۆڕ دەبێتەوەو دواتر دوو لقی لێ دەبێتەوە: یەکێکیان بەرەو شارۆچکەی قوشتەپە دەچێو لەوێوە روو دەکاتە هەولێرو ئەوی تر بەرەو شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری دەچێو لەوێوە روو دەکاتە کەرکوك.

## دیلمان (شەڕ)

ئۆپەراسیۆنی هێرشی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی ٧ ی باڵەك بۆ سەر سەربازگەی دیلمانی سوپای عیراق لە ساڵی ١٩٨٠ کە تێیدا زیانێکی زۆر لە هێزەکانی عیراق درا.

لە ٢٣ی تەموزی ١٩٨٠ دا هێزی پێشمەرگەی هەرێمی ٧ی باڵەك، بەپێی پلانێکی تۆکمە، لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی کردە سەر سەربازگەی دیلمان لە دۆڵی باڵەیان لە سنوری ناحیەی قەسرێ. ئۆپەراسیۆنەکە بە فەرماندەیی هەر یەك لە دارا حەفید فەرماندەی هەرێمی ٧ی باڵەك و قادر خەبات جێگری فەرماندەی هەرێم بەڕێوە چوو.

بەپێی پلانی ئۆپەراسیۆنەکە، چەند شوێنێکی دیاریکراوی سەربازگەکە بە هاوەنی ٨١ ملم و ٦٠ ملم تۆپباران کران. هاوکات، لە چەند قۆڵێکەوە هێرش کرایە سەر سەربازگەکەو سەنگەرەکانی سوپای عیراق لە دەوروبەری سەربازگەکە. لە هەندێ قۆڵ بە ئارپیجی لە سەنگەرەکانی دوژمن درا.

پێش ئۆپەراسیۆنەکە، چەند رۆژنامەنوسێکی بیانی لە رێی ئێرانەوە هاتبونە سنوری هەرێمەکەو لە کاتی شەڕەکەدا وێنەیان گرت و پێشمەرگەیان دواند.

ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی هەرێمەکە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کردووە لەوانە حەسەن کوێستانی رابەری سیاسیی هەرێم، ئەحمەد مەولود، برایم حاجی کوێخا کۆیلە، رەحمان سەیدە، یوسف

گەلاڵی، عەزیز داوود، عەباس سیتەکی، عومەر ئەحمەد گەلاڵەیی، عەلی کۆیلەیی، نەبی چالاك، عومەر حەفید، رەشۆ سۆفی ئەحمەدی رەوەندۆك، عەبدولرەحمان سیتەکی، مستەفا حاجی خەبات گەلاڵی، حسێن قادر گەلاڵی.

## دێلێژە (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

دوو چالاکیی مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی ٥ی قەرەداغە لەگوندی دێلێژە لە ناوچەی بازیان لە ماوەی چوار رۆژدا. لە ٧ی ئەیلولی ١٩٧٩دا پێشمەرگەکان بە نارنجۆك ئەنداز و کلاشنکۆف لە رەبیەکانی گوندی دێلێژەیان داو پاشان لە ١٠ی مانگدا دیسان بەهەمان چەك لە رەبیەکانیان دایەوەو لە جاری دووەمدا لێدانەکە کوژرانی یەك سەربازی لێ کەوتەوە.

## دیموکراسی (پرنسیپ)

یەکێکە لە پرنسیپە بنچینەییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەبەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات پێنج ئەرکی بۆ دیاری کراوە، لەوانە کۆتایی هێنان بە ڕژێمی دکتاتۆرو هێنانە کایەی دەسەڵاتێکی نیشتمانیی دیموکرات کە بتوانێ دیموکراسی لە عیراق بچەسپێنێ. هەر لەم بەیاننامەیەدا بانگەشە بۆ دروشمی «دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستان» کراوە.

هەروەها لە نامیلکەی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆچی؟» جەخت کراوەتە سەر ئەوەی کەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مەیدانی خەبات قۆرخ ناکاو باوەڕی بەوەیە کە هەموو پێشکەوتنخوازو تێکۆشەرو شۆڕشگێڕەکان مافی کاری سیاسیو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان هەیە.

لە پڕۆژەی پڕۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆبونەوەی ئەیلولی ١٩٧٦ی دەستەی دامەزرێنەردا بایەخێکی تایبەت بە مەسەلەی دیموکراسی دراوەو لە دیباجەی پڕۆژەی پڕۆگرامەکەدا بانگەشە بۆ پەیوەندیی پتەوی نێوان رزگاریو دیموکراسی کراوە.

لە پڕۆگرامدا بڕگەی «عیراقێکی دیموکرات» دیدی یەکێتیی نیشتمانی بۆ دیموکراسی رون دەکاتەوەو لە چەند بوارێکدا بەرجەستەی دەکا لەوانە بوارەکانی دەستەبەرکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان، دانانی دەستوری هەمیشەیی، دامەزراندنی پەرلەمان لە رێی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە، بەشداریی کوردو کەمینەکان لە دام و دەزگا ناوەندییەکاندا، سەلماندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکانو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان.

پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی دامەزراندندا لەسەر بنەمای سیستمێکی ناسەنترالیستی دامەزراوە کە ئەمەش بوارێکی وای فەراهەم کردووە کە ئازادیی جموجوڵ تێیدا زۆر کۆتو بەندی لەسەر نەبێ، بەتایبەتی کە لەو قۆناغەدا یەکێتیی نیشتمانی، وەك لە ماددەی یەکەمی پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، خۆی بە «یەکگرتنێکی ئارەزومەندانە» ناسیوەو بەرگی حزبی لەخۆیەوە نەپێچاوە بەڵکو بچمێکی «نیمچە بەرەیی»ی نیشانداوەو دەرفەتێکی گونجاوی بۆ پێکەوە ژیانی رەوتە کوردپەروەرو دیموکرات و پێشکەوتنخوازو مارکسیستەکان دابین کردووە.

چەمکی دیموکراسی لە ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازیی هەیە. لە قۆناغی بەراییدا جۆرە دیموکراسییەکی گەلیی شۆڕشگێڕ بانگەشەی

بۆ کراوە کە تێیدا بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان چوار چینەکەی کرێکاران و جوتیاران و بورژوازیی بچوكو بورژوازیی نیشتمانی دێتە ئاراوە. ئەم چەمکە دیموکراسیی لیبرال رەت دەکاتەوەو زۆرتر پشت بە چینە شۆڕشگێڕەکان دەبەستێ. لەسەر ئاستی عیراق، ئەم جۆرە دیموکراسییە تێکەڵ بە چەشنە دیموکراسییەکی تر لەسەر بنەمای سازان کراوەو زۆرتر لە چوارچێوەی حکومەتێکی بنکە فراواندا، وەك ئاماژەیەك بۆ رەتکردنەوەی حوکمڕانیی تاك حزبی، خۆی دەنوێنێ.

بەڵام لە ڕەوتی پەرەسەندنی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە واز لەتیۆریی چوار چینەکەو هاوپەیمانیی نێوانیان هێنرا. لەم سەروبەندەدا زۆرتر جەخت کرایە سەر دیموکراسیی پشت ئەستور بە سازانی نیشتمانیو پیادەکردنی تیۆریی هێنانە دیی مەرجەعیەتێکی سیاسیی گشتی بە شێوەی بەرەی نیشتمانی، هەم لەسەر ئاستی عیراق هەم لەسەر ئاستی کوردستان. بەم پێودانگە، تاڵەبانی لە نیسانی ١٩٨٧دا پێشنیاری پێکهێنانی بەرەی کوردستانیی کرد. بەرەی کوردستانی کە ساڵی ١٩٨٨ دامەزرا، گوزارشت لە دیموکراسییەکی پشت بەستوو بە سازانی نیشتمانیو بڕیاری هاوبەش دەکا.

گۆڕانکارییە جیهانییەکانی کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بژاردەی دیموکراسیی پشت بەستوو بە سازان بەجێ نەهێشت، بەتایبەتی کە پێشهاتە سیاسییەکانی سەرەتای دەیەی نەوەدەکان هەلومەرجێکی وایان لەگەڵ خۆیاندا هێنایە ئاراوە کە تێیدا پێویستیی ئەم چەشنە دیموکراسییەی سەقامگیرتر کردو لەسەر بنچینەی ئەم چەشنە دیموکراسییە حکومەتێکی ئیئتیلافی لە ساڵی ١٩٩٢ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێك هات.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٩٢، جەخت کرایەوە سەر ئاراستەی دیموکراتییانەو لەم سەروبەندەدا راپۆرتی سیاسیی پەسندکراوی کۆنگرە «بەدی هێنانی رژێمێکی دیموکراتی راستەقینە»ی کردە یەکێ لە ئامانجەکانی یەکێتیی نیشتمانی. لەبەر رۆشنایی پلارگرتن لە سۆسیالیزمی سۆڤێتی کە لە سایەی بەها تۆتالیتارییەکاندا دابەزی بووە ئەو ئاستەی کە ببێ بە سۆسیالیزمێکی نادیموکراتییانەو نامرۆڤدۆستانە، راپۆرتەکە رایەڵەیەکی بەهێزی لە نێوان سۆسیالیزم وەك ئامانجی دورو دیموکراسی وەك پرنسیپێکی بنچینەیی دروست کردو بانگەشەی بۆ «سۆسیالیزمێکی دیموکرات و مرۆڤپەروەرانە» کرد. بە هەمان پێودانگ، راپۆرتەکە چەمکی «دیموکراسی»ی، بە بەستنەوەی بە چەمکی رزگارییەوە، کردە یەکێ لە دروشمە سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیو تیۆرییەکی وای خستە بەرچاو کە گەشەکردنی ئابوریو سیاسیو کەلتوریو کۆمەڵایەتی بەبێ دیموکراسی دەبێتە ئەرکێکی زۆر سەخت و دژوار.

پڕۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەکە لە یەکەم ماددەیدا دیموکراسیی خستۆتە پێشی پێشەوەی ئامانجە گشتییەکان. بەها دیموکراتییەکان لە پەرەگرافی ئامانجە سیاسییە گشتییەکاندا بە شێوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان، سەربەخۆیی دادوەری، هەڵبژاردنی شارەوانیو ئاوایییەکان، ئازادیی رادەربڕین، ئازادییە گشتییە بنەڕەتییەکان، مافی مانگرتن و خۆپیشاندان و دەستەبەرکردنی مافی کەمینەکان دەردەکەون. دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی دووەم (٢٠٠١)و سێیەم (٢٠١٠) و چوارەم (٢٠١٩) زۆرتر جەختیان کردۆتە سەر ئەو بەهایانەی کە دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی یەکەم سەلماندویانە.

## دیمەشق (ڕێککەوتننامەی سێقۆڵیی مەیدانی)

ڕێککەوتنێکی مەیدانییە کە لە دیمەشقی پایتەختی سوریا لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی عیراقی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی سەر بە سوریا لە ١ی ئازاری ١٩٧٧ هاتۆتە کایەوە. لەبری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاڵەبانی ڕێککەوتنەکەی واژۆ کردووە، لەبری سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی و لەبری سەرکردایەتیی عیراقی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب باقر یاسین.

سورییەکان هەر لە سەرەتاوە لە ڕێککەوتننامەی جەزایری نێوان عیراق و ئێران نیگەران بون و پێیان وابوو عیراق، لە سۆنگەی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە، تەواوی سیاسەتی دەرەوەی خۆی دەگۆڕێ و بە لای سەنگەری ڕۆژئاواییدا دایدەشکێنێ. لەو بڕوایەشدا بون کە عیراق لە جاران کەمتر پشتگیریی مەسەلەی فەلەستین دەکاو هەوڵ دەدا تەنگ بە سوریا هەڵچنێ بۆ ئەوەی سوریا گرفت بۆ پڕۆژەکانی ئاشتبونەوە لەگەڵ ئیسرائیل دروست نەکات. هەر لەم سۆنگەیەوە سورییەکان پشتگیریی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریان کرد.

سورییەکان لەو گۆشە نیگایەوە سەیری هەوڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار کرد کە دژی بەرژەوەندییەکانیان نیەو پێیان وابوو پشتگیری کردنیان لەو هەوڵە دەشێ فشار لەسەر سوریا کەم بکاتەوەو عیراق بە کێشە ناوخۆییەکانەوە سەرقاڵ بکات. بۆیە ئامادە بون یارمەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدەن بۆ بەدەست هێنانی پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان. بەڵام پەیوەندیی گرژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان تەگەرەیەکی گەورە بوو لە بەردەم ناردنی چەك بۆ ناو کوردستان.

لە سەرەتای شوباتی ١٩٧٧ دا سورییەکان مەسعود بارزانییان بۆ سوریا بانگهێشت کردو هانیان دا ناکۆکییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکاو لەم سەروبەندەدا دیدارێکیان بۆ مەسعود بارزانی و تاڵەبانی لە دیمەشق ساز کرد. پاشان بارزانی و تاڵەبانی بە دوقۆڵی دانیشتن و لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی کۆ ببنەوە. بەپێی ئەوەی کە لە کۆبونەوەکەدا لەسەری ڕێك کەوتن و بە هاندانی سوریاو کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، چەند دانیشتنێك لە نێوان شاندی هەردولا ئەنجام دران. شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، هەر یەك لە تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل مورادو عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا پێك هات، لە کاتێکدا شاندەکەی پارتی دیموکرات لە بارزانی، وریا سەعاتچی، کەریم سنجاری و عارف تەیفور پێکهاتبوو.

هاوتەریب لەگەڵ وتووێژەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتووێژدا بوو لەگەڵ کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق. پاش ئەوەی ساڵی پار (١٩٧٦) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ببوو بە ئەندام لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، بارزانی ئارەزوی دەربڕی بوو کە پارتیش لە کۆڕبەند بە ئەندام وەربگیرێ، بەڵام کۆڕبەند مەرجی لەسەر دانا کە دەبێ لە دیکۆمێنتێکی فەرمیدا



سەرزەنشتی سیاسەتی پێشووی پارتی سەبارەت بە دەست تێکەڵاوکردنی لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیل بکات. بارزانی بەم مەرجە رازی نەبوو، بۆیە لەگەڵ کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق نەگەیشتە ڕێککەوتن.

لەم سەروبەندەدا سەرکردایەتیی عیراقی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب هەوڵێکی زۆری بۆ لێك نزیك خستنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دا. لە کۆتاییدا پرۆسەکە وا کەوتەوە کە حزبی بەعس لە ناوبژیوانەوە بووە لایەنێکی سەرەکیی دانوستان و لەم سەروبەندەدا هەر سێ لایەن، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی عیراقی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب ڕێککەوتنێکی سێقۆڵییان لە شەش خاڵدا واژۆ کرد.

دەقی ڕێککەوتننامەکە بە عەرەبی نوسراوەو باقر یاسین، نوێنەری حزبی بەعس لە دانوستانە سێقۆڵییەکەدا، ئەرکی ئامادەکردنی گرتۆتە ئەستۆ. سەرەڕای ئەوەی کە ڕێککەوتنەکە بایەخێکی زۆری هەیە، بەڵام بە ڕێککەوتنێکی سیاسیی گشتگیر ناژمێردرێ و لە سنوری ڕێککەوتنێکی مەیدانی بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان دەرناچێ. ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە چەردەیەك خاڵی گرنگی تێدایە. لە دیباجەکەدا، بە شێوەیەکی تایبەت جەخت کراوەتە سەر «هاوکاریی کردەیی لە مەیدانی ئۆپەراسیۆنە عەسکەرییەکاندا» بە مەبەستی «گەیاندنی چەك و تفاق و کۆمەکی دارایی» بۆ هێزی پێشمەرگە. بونی حزبی بەعسی سەر بە سوریا بە لایەنی سێیەمی ڕێککەوتنەکە دوو پەیامی تێدایە. یەکەمیان ئەوەیە کە هەر یەك لە سوریا و کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق پشتیوانی لە ڕێککەوتنە مەیدانییەکە دەکەن و ئامادەن کارئاسانی بۆ ناردنی چەك بۆ هێزی پێشمەرگە بکەن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا گرنگییەکی لە ئەندازە بەدەری هەبووە. دووەمیشیان ئەوەیە کە حزبی بەعس گەرەنتیی جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە دەکا، بەتایبەتی ئەو ماددانەی کە پەیوەستن بە دابین کردنی پشتیوانیی عەسکەری و دارایی.

لە لایەکی ترەوە، دیباجەکە جەختی کردۆتە سەر دوو ئامانجی سەرەکی کە بریتین لە مەسەلەی روخاندنی رژێم و مەسەلەی ناسینی شۆڕشەکە وەك شۆڕشێکی عیراقی. لە راستیدا ئەم دوو مەسەلەیە لە لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی پێشترەوە

یەکلا کرابۆوە، کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقیش کە حزبی بەعس ئەندام بوو تێیدا، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لەگەڵ روخاندنی رژێمدا بوو و لەو روانگەیەشەوە سەیری بەعیراقی کردنی شۆڕشی دەکرد کە میکانیزمێکە بۆ روخاندنی رژێمی عیراق. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کام لەو دوو مەسەلەیەی یەکلا نەکردبۆوە و لە هیچ دیکۆمێنتێکی فەرمیدا بانگەشەی بۆ نەکردبوو. پەیوەست بە تێزی شۆڕشی عیراقی، دیباجەکە وای داناوە کە شۆڕشی کوردستان «بەشێکی گرنگی»شۆڕشەکەی عیراقە.

لە ماددەی یەکەمی ڕێککەوتنەکەدا هەمدیس جەخت کراوەتەوە سەر بەعیراقی کردنی شۆڕش. ماددەکە ناوی هێزی پێشمەرگەی تێدا نەهاتووە بەڵام بە شێوەی «جەنگاوەرانی راپەڕیو دژ بە فاشیزم» ئاماژەی بە پێشمەرگە داوەو بە «سەربازی شۆڕشی دیموکراتی عیراق» ناوی بردووە. ئەم ماددەیە یەکێ لە گرنگترین ماددەکانی ڕێککەوتنەکەیە چونکە تێیدا حزبی بەعس (بە رەزامەندیی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و حکومەتی سوریا) خۆی بەوە پابەند کردووە کە ئەرکی دابین کردنی «تەواوی پێداویستییەکانی درێژەپێدانی شەڕ» بۆ هێزی پێشمەرگە دەگرێتە ئەستۆ.

ماددەی دووەم بۆ پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی هەماهەنگی لە نوێنەرانی هەر سێ لایەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان تەرخان کراوە. ماددەی سێیەم لە ماددەی دووەم جیا ناکرێتەوەو تێیدا هەوڵی دانانی میکانیزمی گونجاو دراوە بۆ گەیاندنی چەك و تفاق لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بۆ ناوچەی بادینان و لەم سەروبەندەدا باس لە دابین کردنی ئاسایشی ڕێگاکانی نێوان بادینان و سوریا کراوە. ماددەی چوارەم پەیوەندیی بە دوو ماددەکەی پێشووەوە هەیەو تێیدا داوا لە لایەنەکان کراوە بکەونە گەڕ بۆ بەدەست هێنانی چەکی پێشکەوتوو بۆ «بەردەوامبونی شۆڕش». ناوەڕۆکی ماددەکە زۆر رۆشن نیە، بەڵام پێدەچێ بە ئەنقەست بە نارۆشنی داڕێژرا بێ چونکە ئەم ماددەیە پەیوەندیی بە پەیداکردنی چەکەوە هەیە لە دەرەوەی وڵات کە دیارە ئەمە هەندێ وڵات دەگرێتەوە، لەوانە لیبیا.

ماددەی پێنجەم بۆ راگرتنی شەڕی راگەیاندن لە دژی یەکتری تەرخان کراوە. ماددەی شەشەم جەخت دەکاتە سەر گرنگیی بەکردەوە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە.

بە وردبونەوە لە ناوەڕۆکی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە، دەردەکەوێ کە ڕێککەوتنە مەیدانییەکە لە گەوهەردا ڕێککەوتنی ئاشتبونەوەو چەسپاندنی متمانەو سازانەو لەم رووەوە سوریا بە تەواوی پشتگیریی لێ کردووە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بایەخێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕێککەوتنەکەدا کرد، ئەوەش لەو گۆشە نیگایەوە کە ڕێککەوتنە هەنگاوێکی گرنگە بۆ هێنانە دیی تەبایی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و دەستەبەرکردنی گەیشتنی چەك بە هێزی پێشمەرگە.

ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی کەمتر لە سێ مانگ کاری پێ کرا. لەو ماوەیەدا هیچ کێشەیەکی گەورە لە نێوان هەردولا نەهاتە ئاراوەو تێیدا یەکێتیی نیشتمانی هێزێکی بە فەرماندەیی حسێن بابە شێخ ناردە بادینان و چەند بنکەیەکی لە برادۆست دامەزراند. هەر لەو ماوەیەشدا یەکەم بڕی چەك لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا لە رێی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاوە کە لە ٦٠ کڵاشنکۆف پێك هاتبوو، گەیشتە دەست هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەڵام کتوپڕ لە کۆبونەوەیەکدا لەگوندی دەریا سور کە لە نێوان نەوشیروان مستەفا

لەبری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فازل جەلال و عەبدوڵڵا ساڵح و عەبدولڕەحمان بێداوی لەبری سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا، نوێنەرانی پارتی رایانگەیاند کە ئەوان چیدی پابەندی رێککەوتنەکە نابن و هەر بڕە چەکێك لە سوریاوە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بنێردرێ، ئەوان دەستی بەسەردا دەگرن. ئەم ئاگادارکردنەوەیە سەرەتای گرژبونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا بوو و دواتر پێشهاتی مەترسیداری لێ کەوتەوە.

باقر یاسین: نوسەرو سیاسەتمەدار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٩ی بەسرە. بەکالۆریۆسی لە وێژەی عەرەبیدا هەیە. ئەندامی سەرکردایەتیی عیراقی حزبی بەعس بوو. چەند کتێبێکی نوسیوە کە لە ناوەندە سیاسی و رۆشنبیرییەکاندا دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبوە لەوانە «مێژوی توندوتیژیی خوێناوی لە عیراقدا» (١٩٩٩)، «کەسایەتیی تاکی عیراقی- سێ تایبەتمەندیی خراپ و مەترسیدار: نەگونجان، خۆسەپاندن، خوێنڕێژی« (٢٠١٠)، «ریشەکێش کردن: دیکتاتۆریای تاك باوەڕی لە عیراقدا» (٢٠١٢).

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق.

*بەعیراقی کردنی شۆڕش (تیۆری).

## پاشکۆ

## دەقی رێککەوتنی سێقۆڵی

بۆ بەدی هێنانی هاوکاریی کردەیی لە مەیدانی ئۆپەراسیۆنە عەسکەرییەکاندا و هەنگاونان بەرەو یەکخستنی هەوڵ و کۆششی جەنگاوەرە راپەڕیوەکانی دژ بە رژێمی فاشیستی عیراق و گەیاندنی چەك و تفاق و کۆمەکی دارایی پێیان و دەستەبەرکردنی تەواوی پێداویستییەکانی بەردەوامبون و سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەی کە لە کوردستانی عیراق هەڵایساوە، بەو پێیەی کە ئەو شۆڕشەی کوردستانی عیراق بەشێکی گرنگی ئەو شۆڕشە دیموکراتییە عیراقییە پێکدێنێ کە لەپێناوی وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلی عیراقدا تێدەکۆشێ و پڕۆگرامی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق بە زەمینەیەکی باشی ئەو ئامانجانە دەژمێردرێ، هەر سێ لایەن لەسەر پەسند کردن و جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە رێککەوتون:

یەکەم: دانانی هەموو جەنگاوەرانی راپەڕیوی دژ بە فاشیزم لە کوردستانی عیراق بە سەربازی شۆڕشی دیموکراتی عیراق، بەبێ گوێدانە ئینتیمای حزبی و سیاسییان و لەم سەروبەندەدا هەموویان لە روی چەك و ئازوقەو تفاقەوە بە چاوێکی یەکسان تەماشایان دەکرێ و تەواوی پێداویستییەکانی درێژەپێدانی شەڕیان بۆ دابین دەکرێ.

دووەم: پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی مەیدانی بۆ هەماهەنگی لە نوێنەرانی هەر سێ لایەن لە ناوچە جیاجیاکانی شەڕ بۆ یەکخستنی هەوڵ و کۆششی پێشمەرگەکان (گەریلاکان. لە دەقەکەدا: ئەنسار) وەك هێزێکی یەکگرتوو و هاوکار لە شەڕدا لە دژی فاشیزم و هەروەها بۆ چارەکردنی ناکۆکی و کێشەکان بە گیانی برایەتیی تێکۆشەرانەو هاوئامانجی لە چوارچێوەی یەك سوپادا.

سێیەم: دەستبەجێ دەست کردن بە پێکهێنانی لیژنەی هەماهەنگی لە ناوچە پێویستەکان و رێوبانە گرنگەکان، بەو چەشنەی کە رێککەوتنی لەسەر دەکرێ، بۆ دەستەبەرکردنی گەیاندنی چەك

و تفاق بۆ جەنگاوەران لە ناو وڵات، هەروەها بۆ بە کۆمەڵ ناردنەوەی جەنگاوەرانی دەرەوە بۆ ئەوەی بچنە پاڵ برا جەنگاوەرەکانیان لە ناو وڵات.

چـوارەم: کۆششی هـاوبـەش و تـاکـڕەوانـە بە هەماهەنگیی لایـەنـە هـاوبـەشـەکـان بـۆ وەدەست هێنانی چەکی پێشکەوتوو و چەکی پێویست بۆ بەردەوامبونی شۆڕش، لەوانە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ گـەڕان بە دوای چەکداو کڕینی و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ گەیاندنی ئەو چەکانە بە جەنگاوەران بە زوترین کات.

پێنجەم: راگرتنی هێرشی میدیایی و شەڕە قسەو پەروەردەکردنی ئەندامان بە گیانی هاوکاری و برایەتی.

شەشەم: هەر یەکێ لە سێ لایەنەکە ناوەڕۆکی ئەم رێککەوتنە بە سەرکردەکانی خۆی و بە دەزگا بەرپرسەکەی خۆی رادەگەیەنێ، داوایان لێ دەکا پێوەی پابەند بن و هەموو هەوڵێکی پێویست بۆ بە کردەوە جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکە دەدات.

باقر یاسین لەجیاتی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب

مەسعود بارزانی لەجیاتی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان

جەلال تاڵەبانی لەجیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٧/٣/١.

## دێوانە (رێککەوتنی مەیدانی)

رێککەوتنێکی مەیدانییە لە ١٠ی ئایاری ١٩٨٣ لە گوندی دێوانەی ناوچەی قەرەداغ لە نێوان کۆمیتەی مەڵبەندی ١ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتیی سلێمانی-کەرکوکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەستراوە.

رێککەوتنەکە لە ژێر فشاری رەوشی سەختی شەڕی ناوخۆدا واژۆ کرا. لە ٢٧ی نیساندا هێزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ژێر چەتری بەرەی جوددا کۆ ببونەوە، پەلاماری بارەگای مەڵبەندی ٤ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان دا لە گوندی بالیسان لە ناوچەی خۆشناوەتی. هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە فەرماندەیی دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەندو سەید کەریم هاودیانی لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەند بەرپەرچی پەلامارەکەی دایەوە، بەڵام سەختیی هێرشەکە هێزی پێشمەرگەی ناچار کرد بکشێتەوە بۆ دەوروبەر. لە ٢٨ی نیساندا هێزەکانی جود چونە ناو بالیسان و دەستیان بەسەر مەڵبەنددا گرت. لەبەر رۆشنایی ئەم رووداوە، چارەنوسی رووداوەکانی پاشتر بە لایەکدا کەوت.

لەم سەروبەندەدا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لەسەر ستراتیجی یەکلاکردنەوەی عەسکەری دا و لە ١ی ئایاردا دەستی بەجێبەجێ کردنی ستراتیجەکە کرد. لەم سەروبەندەدا هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر ئاشقوڵکەو قرناقا کە بارەگای سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆکی لێ بوو و هەر ئەو رۆژە پاش شەڕێکی سەخت تەواوی بارەگاکان گیران و هێزەکانی حزبی سۆسیالیست و پاسۆك بەرەو پشتاشان کشانەوە. لە ٢ی ئایاردا دەست بە سەر هەموو بارەگاکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا لە پشتاشان گیرا. سەرکەوتنەکەی دوایی یەکلاکەرەوە بوو و شکستەکەی بالیسانی پێ قەرەبوو کرایەوە. لە شەڕەکەدا پارتی کۆمۆنیست بارەگاکانی سەرکردایەتی، مەکتەبی عەسکەری،

ئێزگەو چاپخانەی لەدەستداو هێزەکانی بە شێواوی و پەراگەندەیی و بە نەشارەزایی، بەرەو قەندیل کشانەوە. لە ٤ی ئایاردا هێزی پێشمەرگە هێزێکی پەراگەندەو پڕوکاوی پارتی کۆمۆنیستی لە قەندیل بە دیل گرت کە ژمارەی چەکدارەکانی نزیکەی ٤٠ کەس دەبوو، لە ناویاندا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری حزب بە وەکالەت کەریم ئەحمەد و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری ئەحمەد بانیخێلانی.

لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەدا، هەڵوێستی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەرامبەر بە شەڕی ناوخۆ لە هەڵوێستی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیست جیاواز بوو. سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوك پێی وابوو بەرژەوەندیی حزب لەوە دایە کە بێلایەن بێ، پشتگیریی هیچ لایەنێکی شەڕەکە نەکات و خۆی تێوە نەگلێنێ. لەبەرامبەردا، مەلا بەختیار لێپرساوی کۆمیتەی مەڵبەندی ١ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر گەرم و گوڕ نەبوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق. بەپێی ئەو سازانەی کە لە نێوان مەڵبەندی ١ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە ئارادا بوو، هەردولا لە کاتی هەڵایسانی شەڕ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرەی جود توانییان رێ لە سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوانیان بگرن. بەڵام پاش ئەوەی هێزەکانی بەرەی جود دەستیان بەسەر بالیساندا گرت، سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیست چیتر نەیتوانی لەوە دڵنیا بێ کە کۆمیتەی مەڵبەندی ١ی یەکێتیی نیشتمانی دەتوانێ بەردەوام بێ لەسەر سیاسەتی خۆدورخستنەوە لە شەڕی پارتی کۆمۆنیست. بۆیە بەهادین نوری بەرپرسی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوك بڕیاریدا بارەگای حزب لە گوندی حاجی مامەندی شارباژێڕەوە بگوازێتەوە بۆ گوندی تەکیە لە قەرەداغ. دواتر بارەگاکە لەوێشەوە بۆ گوندی ئیمام قادر لە باکوری رۆژئاوای شارۆچکەی دەربەندیخان گوێزرایەوە.

لە ئیمام قادر سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیست بڕیاریدا دەست بە وتوویژ لەگەڵ سەرکردایەتیی مەڵبەندی یەك بکا بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتیی نێوان هەردولا لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی کە لە گوندی مەسۆیی روداوێکی نەخوازراو و کۆنترۆڵنەکراو لە نێوان هێزەکانی هەردولا رویدا بوو و ترسی دوبارەبونەوەشی هەبوو، جگە لەوەی کە کۆمۆنیستەکان پێویستیان بە کات بوو تا ئەو کاتەی بەرچاویان رون دەبێ.

پاش دیاریکردنی کات و شوێنی وتوویژ، سەرکردایەتیی کۆمیتەی مەڵبەندی یەك شاندێکی لە حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی، رەفیق عەبدوڵڵا سەبری ناسراو بە ئەنوەر و بەشیر محەمەد قادر ناسراو بە مەلا برایم پێکهێنا، سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیستیش شاندێکی لە عەبدوڵڵا قەرەداغی ناسراو بە مەلا عەلی لێپرساوی مەکتەبی عەسکەری، سەعید بەرزنجی و نەسرەددین هەورامی پێکهێنا. بڕیار درا هەردوو شاند لە گوندی دێوانە چاویان بە یەکتری بکەوێ، هەروەك بڕیار درا ئەو رێککەوتنەی هەردولا پێی دەگەن، لە بەردەم نوێنەرانی دێهاتەکانی قەرەداغ واژۆ بکرێ و ئەو نوێنەرانەش واژۆی خۆیانی لەسەر دانێن.

هەردولا لە وتوویژەکەدا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان رێك کەوتن و پەیمانێکیان بۆ

دەستەبەرکردنی ئاشتیی نێوانیان لە سنوری سلێمانی و گەرمیان واژۆ کرد.

ڕێککەوتنەکە لە ١١ خاڵ پێکدێ. داڕشتنی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە لاوازەو بە ڕونی پەلەپەلیی پێوە دیارە، بەڵام کرۆکی ڕێککەوتنەکە دەرهێنانی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو لە ململانێی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرەی جود. لە ڕێککەوتنەکەدا هەردولا لەسەر پێداویستییەکانی دابین کردنی ئاشتی لە نێوانیاندا ڕێك کەوتن لەوانە ڕاگرتنی شەڕ لە سنوری سلێمانی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و بڵاوە پێ کردنی ئەو هێزانەی کە بۆ ناوچەی قەرەداغ هێنراون. هەروەها هەردولا لەسەر پێکهێنانی هێزی هاوبەش بۆ گەڕان بە ناوچەکەدا ڕێك کەوتن. لە دانوستانەکەدا شاندی پارتی کۆمۆنیست ڕوداوەکەی گوندی مەسۆیی وروژاندو داوای لێکۆڵینەوەی کرد. لەو ڕوداوەدا مەفرەزەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە نزیك گوندی مەسۆیی تەقەی لە مەفرەزەیەکی پارتی کۆمۆنیست کردبوو، لە ئەنجامدا لە سەرجەمی شەش پێشمەرگەی مەفرەزەکەی پارتی کۆمۆنیست، ٢ کوژران، ٣ بە دیل گیران و یەکێکیش بە بریندارى خۆی دەرباز کردبوو. پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، دیلەکان ڕادەستی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوك کرانەوە.

وا ڕێککەوت کە هەر لەو ڕۆژەی کە شاندی هەردولا لە گوندی دێوانە ڕێککەوتنی ئاشتییان واژۆ کرد، کەریم ئەحمەد سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە وەکالەت و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوزەنگ گەیشتن بە سازان و بانگەوازێکی هاوبەشیان لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بۆ هێزەکانیان بڵاوکردەوە، تێیدا داوایان کرد شەڕ «بە زوترین کات» ڕابگیرێ و دانیان بەوەدا نا کە شەڕەکانی نێوان هەردولا «شوێنەوارێکی خراپیان لەسەر بزوتنەوەی نیشتمانیی تێکۆشەری دژ بە ڕژێمی فاشیستی دوژمنی هاوبەشمان و هەروەها لەسەر بزوتنەوەی جەماوەری تێکۆشەر بەجێ هێشتووە» و ڕایانگەیاند کە هەردولا وای دەبینن کە دەبێ «دەستبەجێ سنورێك بۆ ئەو کوشت و کوشتارە دابنرێت»، جەختیشیان کردە سەر «یەکخستنی هەوڵ و تەقەللای هاوبەشی هەردولا و لایەنە نیشتمانییەکانی تر لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆر».

هەرچەند بەستنی ڕێککەوتنەکەی نێوان کۆمیتەی مەڵبەندی ١ و سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوك بە شێوەیەکی ساغڵەم بەڕێوە چوو بوو، بەڵام بەهادین نوری ڕێککەوتنەکەی ڕەت کردەوە چونکە پێی وابوو سەرۆکی شاندەکە پابەند نەبوە بە ڕێنماییەکانی و ڕێککەوتنێکی ناهاوسەنگی واژۆ کردووە. لە ڕاستیدا ڕێککەوتنەکە ڕەنگدانەوەی تەرازوی هێزی نێوان هەردولا بوو کە لە شەڕی پشتاشان بەدواوە زۆرتر لە قازانجی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوو و هەر شاندێکی دیکەی پارتی کۆمۆنیست لێی ڕانەدەبینرا ڕێککەوتنێکی باشتری چنگ کەوێ. بەهادین نوری بە بێسیم پەیوەندیی بەلێپرسراوانی مەڵبەندەوە کردو پێی ڕاگەیاندن کە نابێ پێشبینیی هیچ پابەندبونێکی بە ڕێککەوتنە مەیدانییەکە لێ بکەن. لە ١٢ی ئایاردا بەهادین نوری لە گوندی دوکان چاوی بە حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی کەوت و ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵدا تاوتوێ کردو ڕووبەڕوو کشانەوەی لە ڕێککەوتنەکە پێ ڕاگەیاند.

پەشیمانبونەوەی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیست لە رێککەوتنە مەیدانییەکە هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕی. بە کردەوە، رێککەوتنەکە ئەو ئامانجانەی بەدەست هێنا کە سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوك هەوڵی بۆ دەدا، چونکە مەترسیی هێرش کردنە سەر هێزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە سنوری ناوچەکە رەوییەوە و ئاشتی لە نێوان هەردولا هاتە دی.

سەرەڕای ئەوەی کە رێککەوتنەکە، تەنانەت پاش کشانەوەی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکیش، ئاشتیی لە ناوچەکەدا لە نێوان هەردولا دابین کرد، بەڵام بەهادین نوری بڕیاری دابوو ناوچەکە بەجێ بێڵێ و هێزەکانی بە سەلامەتی بگەیەنێتە هەورامان کە بارەگاکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و لایەنەکانی تری بەرەی جودی لێ بوو. لە ماوەی چەند رۆژێکدا قەرەداغ هیچ هێزێکی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی لێ نەما.

ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەیە، بەستنی رێککەوتنە مەیدانییەکە لە راگەیاندندا وا بانگەشەی بۆ کرا کە بەڵگەیەکی رونە لەسەر ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو هاوخەباتی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق پیادە دەکات و لەم سەروبەندەدا هیچ بەدواداچونێك بۆ هۆکانی کشانەوەی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیست نەکرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پشتاشان (ئۆپەراسیۆن).

*جود (بەرەی سیاسی).

**پاشکۆ**

**دەقی رێککەوتنی دێوانە لە نێوان مەڵبەندی ١ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق**

رۆژی ١٠ی ئایاری ١٩٨٣ نوێنەرانی مەڵبەندی ١ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نوێنەرانی سەرکردایەتیی پارێزگای سلێمانیی حزبی شیوعیی عیراق لە کات و شوێنی دیاریکراو کۆبونەوە و بە ئامادەبونی شورای ٤٠ دێی ناوچەی قەرەداغ، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە رێك کەوتن:

١-راگرتنی تەقە لە نێوان حزبی شیوعیی عیراق لە قاتعی سلێمانی و مەڵبەندی ١ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٢-تەحقیق کردن لە مەسەلەی رووداوەکەی مەسۆیی و بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش و نەبەستنی شەڕی ناوچەیەکی تر بەم ناوچەیەوە.

٣-رێکخستنی جەولە لەگەڵ یەکتر لە ئاستی بەرزەوە تا دەگاتە هەموو هێزەکانی سنوری مەڵبەندی یەك.

٤-نابێ هێزەکانی حزبی شیوعیی عیراق تێکەڵی حزبی سۆسیالیستی کوردستان یان پاسۆك و قیادە موەقەتە (پارتی دیموکراتی کوردستان) ببن. ئەگەر تووش بوون بە تێکەڵاوی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرپرسیار نیە.

٥-بڵاوە پێ کردنی هێزەکانی مەڵبەندی یەك و حزبی شیوعیی عیراق کە هی ناوچەی قەرەداغ نین.

٦-هێرش نەکردنە سەر یەکتری، چ لە روی ئیعلامییەوە چ لە روی عەسکەرییەوە لە سنوری مەڵبەندی یەك.

٧-هیچ قوەتێك لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر دژ بە حزبی شیوعیی عیراق نەڕوا، هەروەها لە قاتعێكەوە بۆ قاتعێكی دژ بە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان نەڕوا.

٨-چەكەكانی هەردولا بۆ شوێنەكانی خۆیان بگەڕێنەوە.

٩-سنوری جەولەكردن بۆ لێپرساوانی حزبی شیوعیی عیراق تا دوكان و مەسۆیی و روی شارەزور بۆ ماوەیەكی كەم، تا ئەو جەولەیە تەواو دەبێ، لە نیتاقی لێپرساوە قەرەداغییەكانی هەردولا دەبێ.

١٠-نەگرتنی سەر شاخ و ئەم لاو ئەولا لە یەكتر.

١١-نوێنەرانی حزبی شیوعیی عیراق هەتا خاڵەكانی ئەم ڕێككەوتنە جێبەجێ دەكرێن، رازی نین ئەم ڕێككەوتنە لە ئێزگە بڵاو بكرێتەوە.

نوێنەرانی حزبی شیوعیی عیراق لە پارێزگای سلێمانی:

مەلا عەلی (عەبدوڵڵا قەرەداغی) لێپرساوی عەسكەری.

شێخ سەعید بەرزنجی.

نەسرەددین هەورامی نوێنەری قاتع.

نوێنەرانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە مەڵبەندی یەك:

حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی

مامۆستا ئەنوەر (ڕەفیق عەبدوڵڵا سەبری)

مەلا ئیبراهیم (بەشیر محەمەد قادر)

نوێنەرانی دێهاتەكانی قەرەداغ

## رابەری سیاسی

کادیرێکی ڕێکخراوەییە ئەرکەکەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی پێشکەوتنخوازانەو هۆشیاریی سیاسییە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا. ئەم کارە، بە شێوەیەکی سەرەکی، بوارەکانی هۆشیارکردنەوەی ئایدیۆلۆژیو سیاسیو نیشتمانپەروەریی گرتۆتەوە بە مەبەستی هاندانی پێشمەرگە بۆ هەڵسوکەوت کردن وەك بەشێك لەگروپێکی پەیبردوو بە ناسنامەی تایبەتی خۆیو تێگەیشتوی پەیامە کۆمەڵایەتییە- سیاسییەکەی.

یەکەم ئاماژە بۆ پێویستیی بونی رابەری سیاسی لە ناو هێزی پێشمەرگەدا، بۆ حوزەیرانی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك مەفرەزە سەرەتاییەکان تازە دەستیان بە خەباتی چەکدار کردبوو و پێویستیان بەپەیڕەوێکی ناوخۆ بوو بۆ ڕێکخستنی کاروباری خۆیان. شاسوار جەلال ئەرکی نوسینی پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکانی گرتە ئەستۆو تێیدا بڕیاریدا هەر مەفرەزەیەك لە ٨-١٢ پێشمەرگە پێك بێ و لێپرسراوەتییەکانی بەسەر فەرماندەی مەفرەزەو جێگرەکەیو رابەری سیاسیدا دابەش کرد. ئەمە بەم واتایە دێ کەشاسوار جەلال بایەخێکی زۆری بە رابەری سیاسی داوەو کردویەتی بەئەکتەرێکی سەرەکیی سێکوچکەی لێپرسراوەتییەکانی ناو هەر مەفرەزەیەك. سەربار، وای داناوە کە جێگری فەرماندەی هەر مەفرەزەیەك دەبێ بە هەماهەنگیو ڕەزامەندیی فەرماندەی مەفرەزەو رابەری سیاسی دیاری بکرێ کە ئەمەش بەم واتایە دێ کە فەرماندەی مەفرەزە بە تەنها ناتوانێ هیچ پێشمەرگەیەك بکاتە جێگری خۆی.

بەپێی پەیڕەوەکە، کاروباری عەسکەریی مەفرەزە بە فەرماندەی مەفرەزەو کاروباری سیاسی بە ڕابەری سیاسی سپێردراوەو لە لێپرسراوەتیدا هاوسەنگییەك لە نێوانیاندا هەیە بە جۆرێك کە رابەری سیاسی لە کاروباری پێشمەرگانەدا ملکەچی دەسەڵاتی فەرماندەی مەفرەزەیەو فەرماندەی مەفرەزەش لە کاروباری سیاسیدا ملکەچی دەسەڵاتی رابەری سیاسییەو هەردوکیان دەبێ «یارمەتیدەر»ی یەکتری بن.

لە کاروباری هۆشیارکردنەوەی سیاسیدا پەیڕەوەکە وای داناوە کە یەکێ لە ئەرکەکانی رابەری سیاسی «بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی پێشمەرگەکانە»و داواشی لێ کردووە هەوڵ بدات «هەموو یەکێکی نەخوێندەوار لەدەستەکەدا فێری خوێندەواری بکرێت».

ساڵانی پاشتر، پەیڕەوەکەی شاسوار جەلال چیتر لێی ڕانەبینرا بتوانێ لەگەڵ گەشەکردنی هێزی پێشمەرگەو زیادبونی ژمارەی پێشمەرگەدا هاوئاهەنگ بێ چونکە پەیڕەوەکە زۆرتر بەکەڵکی قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار دەهات و گەورەترین یەکە تێیدا مەفرەزە بوو. لە ساڵی ١٩٧٧ بەدواوە یەکەی گەورەتر لە مەفرەزە پەیدا بوو وەك کەرت و هەرێم و پاشان تیپ. بۆیە هەڵسوڕانی هێزی پێشمەرگە بەو دۆخە گەیشت کە پێویستی

بە پەیڕەوێکی ناوخۆی تازە بێ کە لەگەڵ قەبەبونی پەیکەری هێزەکەدا باشتر بگونجێ. بەم پێیە، پەیڕەوێکی پێشکەوتوتر بە ناوی «پەیڕەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان» جێی «پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان»ی گرتەوە.

لە پەیڕەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا جێیەکی شیاو بۆ رابەری سیاسی دانراوە. بەپێی پەیڕەوە، دەزگای پێشمەرگایەتی کاروباری رابەرە سیاسییەکان رێك دەخا، ئەویش لە ڕێگەی لێپرسراوی سیاسییەوە کە ئەندامی کۆمیتەی دەزگای پێشمەرگایەتییەو سەرپەرشتیی هەموو لێپرسراوە سیاسییەکانی مەڵبەندەکان دەکات. لە مەڵبەندەکانیش لێپرسراوی سیاسیی مەڵبەند، کە لە هەمان کاتدا ئەندامی مەڵبەندە، سەرپەرشتیی رابەرە سیاسییەکانی تیپەکان دەکات. هەر تیپێك یەك رابەری سیاسیی سەرەکیی هەیە کە بە ڕەزامەندیی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێپرسراوەتییەکە وەردەگرێ. رابەری سیاسیی تیپ سەرپەرشتیی رابەرە سیاسییەکانی کەرتەکان دەکات و بەم پێیە ژمارەی رابەرە سیاسییەکان لە تیپێکەوە بۆ تیپێکی تر جیاوازەو دەوەستێتە سەر ژمارەی کەرتەکانی تیپەکە. رابەری سیاسیی تیپ سەرباری ئەوەی کە ئەرکە سەرەکییەکەی پەرەپێدانی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسیی پێشمەرگەیە، بەپێی پەیڕەوەکە سەرپەرشتی کردنی کاروباری ئیداریی تیپیشی لە ئەستۆ دایە. هەروەها پەیڕەوەکە لە دانانی فەرماندەی کەرتەکانی هێزی پێشمەرگەدا رۆڵێکی گەورەی بە ڕابەری سیاسی بەخشیوە چونکە دەبوایە فەرماندەی تیپ بەڕاوێژ لەگەڵ رابەری سیاسیی تیپ پێشمەرگەی شیاو بۆ پۆستی فەرماندەی کەرت کاندید بکاو پاشان ڕەزامەندیی مەڵبەندی بۆ وەربگیرێ.

لە سیستمی بەتالیۆنەکاندا، کە ساڵی ١٩٨٩ کاری پێکراوە، دەستەی بەڕێوەبەری هەر بەتالیۆنێك لە٣ کەس پێك هاتووە کە بریتین لە فەرماندەی بەتالیۆن و جێگرەکەی‌و رابەری سیاسی.

هەرچەند هیچ ئامارێکی ورد سەبارەت بە ژمارەی رابەرە سیاسییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نیە، بەڵام دەتوانرێ مەزەندەی ئەوە بکرێ کەژمارەی رابەرە سیاسییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی نێوان ١٩٧٦-١٩٩١دا خۆی لە قەرەی ٣٠٠ رابەری سیاسی داوە.

ئەمەش ناوی هەندێ لە ڕابەرە سیاسییەکانی ماوەی دەستنیشانکراوە: دانا ئەحمەد مەجید، عومەر حەمەد عەلی ناسراو بە دەشتیی موهەندیس، فەیسەل رەسول خۆشناو، ئەحمەد عالی باوەکر باس، عوسمان سەنگەسەری، بەکر ئەحمەد یەعقوب، ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر، پشکۆ نەجمەددین، نوری محەمەد عەلی، سوارە رەسول ئیسماعیل ناسراو بە پێشڕەو، بەکر فەتاح حسێن، زرار عەبدوڵڵا مستەفا، رزگار عەلی حەمە جان، سەعید عەبدولڕەحمان مستەفا، عومەر رەسول قادر، رەسول محەمەد ئەمین حسێن، جەنگی فەقیانی، حامد قادر میرزا عەبدوڵڵا، حەسەن کوێستانی، جەمال هەروتی، ئەحمەد کاکە حەمە مستەفا، مەغدید قادر رەسول، رێبین محەمەد سۆفی، جەبار فەرمان، عوسمان رەحمان محەمەد، حەسەن ئەنوەر حەسەن، کەریم مەولود ئەحمەد ناسراو بە پۆلا، عەلی حسێن حەسەن ناسراو بە شوان، شوکر محەمەد نەجم ناسراو بەگڕکۆ، جەمیل ئەحمەد ساڵح، خدر عومەر سور، هۆشیار عەبدولکەریم زێدبەگی، عەزیز خدر باوەکر ناسراو بە مەلا غەفور، فاروق سدیق، زرار مەجید ناسراو بە هێمن، قادر مەنمی، رزگار سورداشی.

لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ پەرەسەندنی ژمارەو پێکهاتەو شێوەی پێشکەوتوتری

ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەدا، پەیڕەوە کۆنەکە چیتر نەیتوانی بەدەنگ پێداویستییە زۆرو زەبەندەکانی هێزی پێشمەرگەوە بچێ. لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٩٧دا پەیڕەوێکی ناوخۆی تازەتر لە لایەن فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دانرا، کەئەویش وەك دوو پەیڕەوەکەی پێشوو، بایەخێکی شیاوی بە ڕابەری سیاسی داوە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٧ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وا دانراوە کە ڕابەری سیاسی لەسەر ئاستی هێزو لەشکر و فەرماندەیی دەبێ نەك لەسەر ئاستی تیپ. بەم پێیە، وا دانراوە کە ڕابەری سیاسیی هێز دەبێ چەند مەرجێکی تێدا بێ وەك ئەوەی کە لانی کەم بڕوانامەی خوێندنی ناوەندیی هەبێ، تەمەنی پێشمەرگایەتیو ڕێکخستنی لەحەوت ساڵ کەمتر نەبێ، ئاستێکی باشی هۆشیاریو ڕۆشنبیریی هەبێ، خولی کادیرانی بە سەرکەوتویی تەواو کردبێ و لانی کەم دوو ساڵ کادیری سیاسی بوو بێ. ئەم مەرجانە لەپەیڕەوە ناوخۆکانی پێشوو بەدی ناکرێن. واش دانراوە کە ئەرکی ڕابەری سیاسی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریو ڕۆشنبیریی پێشمەرگەیە.

بۆ ڕابەری سیاسیی لەشکریش، وا دانراوە کەڕابەری سیاسیی لەشکر دەبێ چەند مەرجێکی تێدا بێ وەك ئەوەی کە دەبێ تەمەنی پێشمەرگایەتیو ڕێکخستنی لە هەشت ساڵ کەمتر نەبێو لایەنی کەم چوار ساڵ کادیری سیاسی بوو بێ. ئەرکەکەشی بە شێوەیەکی سەرەکی بریتیە لە «سەرپەرشتی کردنی ڕابەری سیاسیی هێزەکان و ڕێنمایی کردنیان».

سەبارەت بە ڕابەری سیاسیی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، وا پێناسە کراوە کە «لێپرسراوی بەشی سیاسیی یەکەی فەرماندەییەو لە کاری ڕۆژانەیدا پلەی جێگری لێپرسراوی فەرماندەیی دەبێت». لە مەرجەکاندا وا دانراوە کە ڕابەری سیاسیی فەرماندەیی دەبێ تەمەنی پێشمەرگایەتیی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ، لانی کەم سێ ساڵ وەك کادیر کاری کردبێ، خولی کادیرانی بە سەرکەوتویی تەواو کردبێ، لانی کەم بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی هەبێو خاوەنی بەهرەی نوسین و وتاربێژی بێ.

واش دانراوە کە ئەرکی ڕابەری سیاسی فەرماندەیی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریو ڕۆشنبیریی پێشمەرگەکانی فەرماندەییو سەرپەرشتی کردن و ڕێنمایی کردنی ڕابەرە سیاسییەکانی لەشکرەکانە.

## ڕاپەڕین (کۆمیتەی ڕێکخستن)

کۆمیتەیەکی ڕێکخستنە پاش شاڵاوی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٧ بۆ سەر ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی هەرێمی هەولێر، لە پارێزگای هەولێر پێك هات. بە هۆی ئەم شاڵاوەوە، بەشێکی فراوانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە پارێزگای هەولێر لەبەر یەك هەڵوەشانەوەو ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمی هەولێرو کادیرەکانی ڕێکخستن دەستگیر کران لەوانە مەولود هەمزە، محەمەد جەمیل قەشقەیی، کۆسرەت ڕەسول عەلی، تەڵعەت خدر، بەهرام خدر، حەسەن خدر، نادر ئیسماعیل قەشقە، عوسمان گۆمەشینی، خدر عەزیز، محەمەد تاهیر، سەربەست برایم، تاریق کوێخا سەعدی، سەرباری ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی کارگەی جگەرە. هەروەها بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵە لە دەرەوەی هەولێر، لە کۆیەو شەقڵاوەو پیرمام، دەستگیر کران. ئەوانەی بەر شاڵاوەکە نەکەوتن، بەشێکیان توانییان خۆیان بشارنەوەو بەشێکیشیان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد لەوانە لێپرسراوی ڕێکخستنی ناو شاری هەولێر شاخەوان عەباس، ڕەفعەت

عەبدوڵڵا پیرداود (ڕێباز)، عەبدوڵڵا سابیر، برایم قادر (ئازاد)، خەلیل قادر (شێرزاد)، زرار مەجید (هێمن)، تەڵعەت ڕەش، محەمەد عەجەم، جەوهەر گردەسۆری (سەرکەوت)، نامیق کەریم تاڵەبانی، محەمەد زەینەددین و فەیسەڵ ئیسماعیل.

دوا بەدوای شاڵاوەکە، سەعدی خەلیل سەرپەرشتیی بەشێکی ڕێکخستنەکانی ناو هەولێری کردو کۆمیتەیەکیش بە لێپرسراوەتیی حەسەن کوێستانی بە ناوی کۆمیتەی ڕاپەڕین پێك هێنرا. ئەم کۆمیتەیە گرو تینێکی زۆری بە ڕێکخستنەکان بەخشی، هەم لە ناو هەولێر هەم لە دەرەوەی، بەڵام پاشان زۆرتر بۆ کاری ڕێکخراوەیی لە ناوچەکانی ڕەواندزو چۆمان تەرخان کرا. پاش پەیوەندی کردنی حەسەن کوێستانی بە هێزی پێشمەرگەوە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٩، کۆمیتەکە بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی خۆی. هەر ئەو مانگە، کوێستانی کۆمیتەیەکی تری بە ناوی کۆمیتەی ئازادی پێکهێنا کە خۆی لێپرسراوەتیی دەکردو سەرپەرشتیی چەند کۆمیتەو ڕێکخستنێکی دێهاتەکان و ناو شاری دەکرد، لەوانە کۆمیتەی ڕاپەڕین.

لە ناو شارەکان، ناسر شەیداو خدر عیساو موحسین جەرجیس ئەرکەکانی کۆمیتەکەیان هەڵدەسوڕاند. پاش دەستگیرکردنی هەرسێکیان لە ساڵی ١٩٨١و لەسێدارەدانیان لە ساڵی ١٩٨٣ چالاکییەکانی کۆمیتەکە وردە وردە دای لەکزی.

## ڕاپەڕین (گۆڤار)

ئۆرگانی لقی ئەورووپای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. لە ژمارەی یەکەمدا وەك «گۆڤار» خۆی ناسیوەو لە ژمارەی دووەدا وەك «ئۆرگان». قەوارەی نیو فولسکابەو لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وەك بڵاوکراوەیەکی مارکسیستی خۆی نمایش کردووە. لە یەکەم ژمارەدا لە کاپشنێکدا بەلای دەستە چەپدا وتەیەکی ماوتسی تۆنگ‌و لە ژمارە دووەدا لە هەمان شوێن وتەیەکی کارل مارکس دانراوە. هەردوو ژمارە دوای ئەوەی کە دیزاین کراون، بە ئامێری فۆتۆکۆپی ڕاکێشراون.

هەردوو ژمارە لە ساڵی ١٩٧٨ دەرچوون‌و هەر یەکێکیان لە ٨ لاپەڕە پێکدێ. گۆڤارەکە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیەو بابەتەکانیشی بەبێ ناو بڵاوکراونەتەوە. دکتۆر محەمەد سابیر لە سوید سەرپەرشتیی دەرکردنی



کرێکاران وگەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن

★ڕاپەڕین

ژمارە (١) ساڵی یەکەم

ڕاپەڕین بۆچی؟

## راپەڕین (گۆڤار)


یەکێتی نیشتمانی کوردستان

عیراقێکی دیموکرات وسەربەخۆ کوردستانێکی ئۆتۆنۆم

١

راپەڕین

لەم ژمارەیەدا :

* فاشیزم ..........
* یادی ٢٤ ساڵەی ١٤ی تەموز ...
* دوو شیعر ..........
* چیروك ..........
* بەڵگەنامە ..........
* کاروانی شەهیدان ......
* راپەڕین ..........

خەرمانان ٢٦٨٢

ژمارە ١ خولی ١ تەموز ١٩٨٢

گۆڤارێکی گشتیە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێرە دەریدەکات

گۆڤارێکە لە سەرەتادا کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢ دەری کردووەو دواتر، مەڵبەندی ٣ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ خولی دووەمی لێ دەرکردووە. ژمارەکانی هەردوو خول لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید لە گوندی وەرتێ لە ناوچەی باڵەکایەتی چاپ کراون.

گۆڤارەکە لە هەردوو خولدا حەوت ژمارەی لێ دەرچووە. لە خولی یەکەمدا ٤ ژمارە لە گۆڤارەکە دەرچووەو لە خولی دووەمدا ٣ ژمارە. یەکەم ژمارەی خولی یەکەم لە تەموزی ١٩٨٢ دەرچووە و ژمارە ٤ کە دوایین ژمارەی خولەکەیە لە تشرینی دووەمی ١٩٨٢ دەرچووە. سێ ژمارەکەی خولی دووەم هەموی لە ساڵی ١٩٨٣ دەرچون. یەکەم ژمارەی خولەکە لە شوباتی ١٩٨٣ دەرچووەو ژمارە ٣ کە دوایین ژمارەی خولی دووەمی گۆڤارەکەیە لە حوزەیرانی ١٩٨٣.

هەڵبژاردنی ناوی «راپەڕین» بۆ گۆڤارەکە، گۆڤارەکەی کردووەو رۆڵی سەرنوسەری تێدا گێڕاوە.

لە وتارێکدا کە لە لاپەڕە یەکی ژمارە یەکدا بڵاوکراوەتەوە، ئەرکی گۆڤارەکە بەمجۆرە باس کراوە «یەکێك لە ئەڵقەکانی ناوەندیی رێکخستنی مارکسیستی لینینیست بونی گۆڤارێکی ناوەندییە بۆ ئەوەی یەکێتیی بیروباوەڕو کار لە ناو ریزەکانی رێکخستن و هاوڕێیاندا بەتەواوی بچەسپێنێ‌و بەرەنگاریی گیانی بەرەڵایی‌و سەرلێشێوانی فیکری‌و ئایدیۆلۆژی ببێتەوە، جەماوەری زەحمەتکێش لە بیروڕاو بۆچونەکانی ئاگادارو هۆشیار بکاتەوە، باسە تیۆرییەکان و پێداویستییەکانی‌و ئەرکەکانی شی بکاتەوەو لێکۆڵینەوەی پێویست بکات سەبارەت بەو مەسەلانەی کە بەرەنگاریی ئەو رێکخراوە دەبنەوە، هەوڵی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بدات لەبەر تیشکی بیروباوەڕی مارکسیزم - لینینیزم و تاقیکردنەوەکانی گەلی کوردو گەلانی تری دنیاو پەندو دەرس لێ وەرگرتنیان، لەگەڵ جەماوەردا راستگۆ بێت و هیچیان لێ نەشارێتەوە، دەست بخاتە سەر کەموکوڕی و هەڵەکان و هەوڵی راستکردنەوەیان بدات. دیارە بونی گۆڤارێکی ناوەندیی وا بۆ کۆمەڵەکەمان یەکێکە لە پێویستییە گرنگەکان و بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە».

گۆڤارەکە لە هەردوو ژمارەدا لە چەند بابەتێکی گرنگ دواوە لەوانە بەسترانی کۆنفرەنسی سێیەمی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەئەوروپا، شۆڕشی ئێران و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بزوتنەوەی تێکۆشانی کورد. لەم سەروبەندەدا لە ناو بابەتەکاندا بایەخێکی تایبەتی بە شەهیدانی کۆمەڵە داوە وەك شاسوار جەلال، ئەبوبەکر شێخ نوری، عەزیز مەحمود، بەختیار خالیدو ئەحمەد حەمە کەریم و وێنەی هەندێکیشیانی بڵاوکردۆتەوە.

لەسەر پێشنیاری عەبدوڵڵا عەلی رەشید بووە، ئەویش بۆ بەرز راگرتنی راپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی جوتیارانی دەشتی هەولێر لە دژی دەرەبەگایەتی.

گۆڤارەکە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە. لە خولی یەکەمدا ئەوانەی کە بە ئەندامانی دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە دادەندرێن ئەمانەن: یوسف شەریف، فەرید زامـدار، عەبدوڵڵا عەلی رەشید، ئازاد جندیانی و ئارام سالّح. بەڵام لە خولی دووەمدا دەتوانرێ وا دابندرێ کە حاجی مەمۆ لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی مەڵبەندی ٣ رۆڵی سەرنوسەری گۆڤارەکەی دیوە.

یەکەم کۆبونەوەی دەستەی نوسەران لە گوندی خانەقا ئەنجام دراوە کە تێیدا پـڕۆژەی دەرکردنی گۆڤارەکە تاوتوێ کـراوە. بـەڵام هەموو ئەندامانی دەسـتـەی نـوسـەران بـەشـداریـیـان لـەم کـۆبـونـەوەیـەدا نەکردووە. گۆڤارەکە لە خولی یەکەمدا هەوڵیداوە بە شێوەیەکی مانگانە دەرچێ، بەڵام دیارە ئەمەی بۆ نەچۆتە سەر. دەشێ هۆی نەبونی بە گۆڤارێکی مانگانە، زۆرتر پەیوەندیی بە هۆکاری تەکنیکییەوە هەبوو بێ، چونکە گۆڤارەکە کێشەی دابین کردنی بابەتی نەبوو. بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە گۆڤارەکە نزیك بوو لەوەی کە ببێ بە گۆڤارێکی مانگانە، چونکە ژمارەی یەکەم و دووەم یەك لە دوای یەك لە تەموزو ئابدا دەرچون، سێیەم و چوارەمیش یـەك لە دوای یـەك لە تشرینی یەکەم و دووەمـدا دەرچـون. ئەگەر لەم نێوانەدا ژمارەیەك لە ئەیلولدا دەرچوایە، گۆڤارەکە دەبوو بە مانگانە.

لـە تـشـریـنـی دووەمـــی ١٩٨٢ دا کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر هەڵوەشایەوەو سنوری ناوچەی هەولێر بەسەر مەڵبەندی ٣ و ٤ دا دابەش کرا. ئەم پێشهاتە کاریگەریی لەسەر هەڵسوڕانی کارەکان هەبوو چونکە بە هۆی بڕیارەکەوە گۆڕانکاری بەسەر لێپرسراوەتییەکان و سنوری جوگرافیدا هات. ئەمەش بووە مایەی ئـەوەی کە گۆڤارەکە بۆ مـاوەی سێ مانگ بوەستێ.

پاش دەستبەکاربونی حاجی مەمۆ وەك لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی مەڵبەندی ٣، ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکەی گرتە ئەستۆ.

کارە هونەرییەکانی ژمارە بەراییەکانی گۆڤارەکە لە نەخشەسازی و خۆشنوسی و وێنەوە تا جوانسازی، هەموی لە ئەستۆی عەبدوڵڵا عەلی رەشید بووە. بەشی تەکنیکی کە ئەرکی تایپ کردن و بەکارهێنانی فۆتۆ ستێنسل و رۆنیۆی لەسەر شان بووە، ستافێکی تایبەتی لە حەمید کۆیی، عەبدوڵڵا مەرزانی و گوشاد ئیلنجاغی بۆ پێك هێنرا بوو. هەندێ جار شاسوار هەرشەمیش لە کارەکاندا یارمەتیی ستافەکەی داوە.

گۆڤارەکە لە هەردوو خول وەك گۆڤارێکی گشتی خۆی ناسیوە. بابەتەکانی گۆڤارەکە بە تایپی کارەبایی ئای بی ئێم تایپ کراون و پاشان بە هۆی ئامێری فۆتۆ ستێنسڵەوە خراونەتە سەر ستێنسڵ، ئینجا بە رۆنیۆ راکێشراون. چەند کادیرێکی تەکنیکی کاریان تێدا کردووە کە پێشتر لە ناوزەنگ لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە کاریان کردووە.

لە هەردوو خولدا ئەوانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: عەبدوڵڵا عەلی رەشید ناسراو بە کاکە عەبە، شێرزاد رەنجەڕۆ، حەسەن کوێستانی، ئازاد ئەحمەد، دڵشاد خورشید ناسراو بە شۆڕش، ئەبوبەکر خۆشناو، عەبدولکەریم رەئوف، ئازاد جندیانی، عەباس محەمەد حسێن ناسراو بە حاجی مەمۆ، یوسف شەریف، نامیق شوکر ناسراو بە پێشڕەو، جەمالەددین محەمەد ئەمین، فەیسەل دێهاتی، مەریوان وریا قانع، عوسمان دەشتی، پێشەوا تاڵەبانی، فەرید زامدار، ئارام سالّح، زرار عەبدوڵڵا مستەفا ناسراو بە شەماڵ، شاسوار هەرشەمی، محەمەد سیاسی، خەسرەو بادینی، هاشم شەمامکی.

گۆڤارەکە بەپێی پێداویستییەکانی سەردەمەکە، بایەخێکی شایستەی بە پرسە نیشتمانییەکان و مەسەلە رۆشنبیری و ئایدیۆلۆژییەکان داوەو هەوڵیداوە ئاستی رۆشنبیریی ئەندامان و کادیران و پێشمەرگە بەرز بکاتەوەو لەم سەروبەندەدا بایەخێکی تایبەتی بە چەند بابەتێك داوە لەوانە ناسینی رەفتارو مەرامەکانی حزبی بەعس، فاشیزم، راپەڕینی جوتیاران، ئەنجومەنی ئاواییەکان، ناسینی شەهیدان، ئەرکەکانی خەبات، ویژەی شۆڕشگێڕانە، رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ ی جەزایر، سۆسیالیزمی زانستی، راپەڕینی خوێندکاران، دیکتاتۆری و سیماکانی، ململانێی چینایەتی. لە پاڵ ئەم بابەتانەدا، هۆنراوەو چیرۆکیش بڵاوکراوەتەوە.

گۆڤارەکە بە قەبارەی نیو فولسکاب دەرچووە. ژمارەی لاپەڕەکانی لە خولی یەکەمدا لە هی خولی دووەم کەمترن و کەوتونەتە نێوان ٣٨ و ٥٦ لاپەڕە، لەکاتێکدا ژمارەی لاپەڕەکانی خولی دووەم هاوئاهەنگترن و کەوتونەتە نێوان ٦٠-٦٤ لاپەڕە. تیراژی هەر ژمارەیەك دەوروبەری ٥٠٠ دانە بووە. بە بەراورد لەگەڵ گۆڤارەکانی پێشوو، بایەخێکی زۆرتری بە سکێچ و کاریکاتێر داوە.

ساڵی ١٩٨٣ گۆڤاری «پێشمەرگە» خرایە پاڵ گۆڤاری «راپەڕین» و لە ژمارە ٤ بە دواوە بووە پاشکۆی گۆڤارەکە.

پاش هەشت ساڵ لە وەستانی گۆڤارەکە، لە ساڵی ١٩٩١ دا مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر رۆژنامەیەکی بە هەمان ناو دەرکردو لە یەکەم لاپەڕەدا وەك درێژەپێدەری گۆڤارەکەی ساڵانی ١٩٨٢و ١٩٨٣ خۆی ناساندو لە لاپەڕەی یەکەمدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو خولەی رۆژنامەکە خولی سێیەمە.

ساڵی ٢٠١٩ هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «راپەڕین گۆڤاری کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەولێر ١٩٨٢-١٩٨٣» بڵاو کرانەوە. کتێبەکە نەوزاد عەلی ئەحمەد ئامادەی کردووە بۆ چاپ و حاجی مەمۆ پێشەکیی بۆ نوسیوەو لە سلێمانی لە چاپخانەی کارۆ چاپ کراوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر.

*راپەڕین (رۆژنامە).

*پێشمەرگە (گۆڤار).

## راپەڕین (رۆژنامە)


راپەڕین

روزنامه یه کی سیاسی گشتی یه مه لبه ندی ٣ ی یه کیتی نیشتمانی کوردستان ده ری ده کات | زماره ٢ | خولی سێ یه م تشرینی یه که می ١٩٩١

# به بێ چاره سه ری ره وای کێشه ی کوردستان ئاشتی سه قامگیر نابێ

## به رێز مام جه لال
## له که ل وه زیری ده ره وه ی پورتوگالدا کۆ ده بێته وه

ئاسۆکه

## به سه نتی کۆنفرانسه ناوچه یی یه کان

رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە ساڵی ١٩٩١ مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر دەری کردووە. رۆژنامەکە وەك درێژەپێدانی گۆڤاری «راپەڕین» خۆی ناسیوەو لەم روەوە لە لاپەڕە یەکی هەموو ژمارەکاندا ئاماژەی بەوە کردوە ئەو خولەی کە رۆژنامەکەی لێ دەردەچێ خولی سێیەمە، ئەویش لەو روانگەیەوە کە لە خولی یەکەمدا ٤ ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٢دا لێ دەرچووەو کۆمیتەی سەرکردایەتیی

هەولێر دەری کردووە و لە خولی دووەمدا سێ ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٣ لێ دەرچووە.

ڕۆژنامەکە سێ ژمارەی لە ساڵی ١٩٩١ لێ دەرچووە. ژمارە یەك لەئابی ١٩٩١ دەرچووە، ژمارە دوو لە تشرینی یەکەم و ژمارە سێ لە تشرینی دووەم.

ڕۆژنامەکە وەك نەریتی سەردەمی پێشمەرگایەتی، ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە. بابەتەکانی لە شەقڵاوە ئامادە کراون چونکە لەو کاتەدا بارەگای مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر لەشەقڵاوە بووەو دواتر لە هەولێر دیزاین و چاپ کراون. بۆ پەیوەندی کردن و ناردنی بابەت، ڕۆژنامەکە ناونیشانی کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقڵاوەی داناوە.

ڕۆژنامەکە بە قەبارەی ٣٤ بە٤٦ سم دەرچووە. وێنە بە شێوەیەکی گونجاو تێیدا بەکار هاتووەو لە یەکەم لاپەڕەو دوا لاپەڕەدا ڕەنگ بەکار هێنراوە. دیزاینەکەی لە ئاستێکی پێشکەوتوو دایە. ژمارەی لاپەڕەکانی هەشت لاپەڕەیە. لە ڕوی هەواڵەوە بەرۆژنامەیەکی دەوڵەمەند دەژمێردرێو دەتوانرێ هەواڵو بەشێکی بابەتەکانی وەك دیکۆمێنتی گرنگو سودبەخش سودیان لێ وەربگیرێ.

بابەتە بڵاوکراوەکان زۆر بایەخیان بە هەلومەرجی پاش ڕاپەڕین و کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ داوەو بەم پێیە بایەخێکی شایستە لە ڕۆژنامەکەدا بە هەواڵەکانی تایبەت بەدۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، مافی مرۆڤو کاروباری بەرەی کوردستانی دراوە. لەو ڕوانگەیەشەوە کە لەو کاتەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی ئامادە دەکرد، ڕۆژنامەکە بایەخێکی تایبەتی بەم مەسەلەیە داوە، هەواڵی کۆنفرەنسە ناوچەییەکانی بڵاو کردۆتەوەو چەند ڕاو تێڕوانینێکی بۆ گفتوگۆ بڵاوکردۆتەوە. چاوپێکەوتنیشی بڵاوکردۆتەوە، وەك ئەو چاوپێکەوتنەی کە لە ژمارە ٣ دا لەگەڵ کۆسرەت ڕەسول عەلیدا ساز کراوە، سەرباری بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنی هونەریو وێژەیی.

ڕۆژنامەکە لەگەڵ هەر ژمارەیەکدا پاشکۆیەکی دەرکردووە کە قەبارەی هەر یەکێکیان ٢٥ بە ٣٥ سم بووەو هەر یەکێکیان تایبەت بووە بەیەك بابەت.

پاشکۆی ژمارە یەك لە دوتوێی چوار لاپەڕە بۆ تاوتوێ کردنی کاروباری ئاوەدان کردنەوەی کوردستان پاش قۆناغی وێرانکردن و ڕاگواستنی گوندەکانو جەنگ تەرخان کراوە.

پاشکۆی ژمارە دوو تایبەت بە کۆنگرەی ڕاپەڕینی یەکێتیی نوسەرانی کورد بوە کە لە١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا لەشەقڵاوە بەستراوە. پاشکۆکە لە دوتوێی چوار لاپەڕە هەڵسوڕانی کۆنگرەکەی بەوردی ڕۆماڵ کردووەو چەندین نوسەری بەشداری کۆنگرەی دواندووە لەوانە حسێن عارف، کەژاڵ عەلی، ئیدریس جلکی، کەژاڵ ئەحمەد، خالید دلێر، خورشیدە بابان، شێرکۆ بێکەس، حەسیب قەرەداغی، زاهیر ڕۆژبەیانی. چاوپێکەوتنەکان ئەحمەد سەپان و کاوە محەمەدو عەبدولڕەحمان مستەفاو ڕزگار عەبدولکەریم سازیان کردووە. پاشکۆکە بەدیکۆمێنتێکی گرنگ بۆ ڕوماڵ کردنی بەڕێوەچونی کۆنگرەکە دادەنرێو تێیدا ناوی ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی دەستەی بەڕێوەبەری تازەی یەکێتیی نوسەران بڵاوکراوەتەوەو هەواڵێکیشی سەبارەت بەدانانی هەر یەك لە خاتوو دانیال میترانو ئیسماعیل بێشکچی بە ئەندامی شانازیی کۆنگرە تێدایە.

پاشکۆی ژمارە سێ تایبەت بووە بە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و بە شەش لاپەڕە دەرچووە. لەپاشکۆکەدا ڕۆڵی ئێزگەکە بە باشی هەڵسەنگێنراوەو هەندێ لەك ادیرەکانی ئێزگە بابەتیان سەبارەت بە ئەزمونی کارکردنیان لەئێزگە بۆ نوسیوە لەوانە

عەباس بەدری. هەروەها چاوپێکەوتنێك بە شێوەی ریپۆرتاژ لەگەڵ زۆربەی کادیرەکانی ئێزگە ئەنجام دراوە لەوانە شوان کەریم کابان، مەحمود رەزا ئەمین ، بەشار ئیسماعیل ئەحمەد، عەبدولمەجید زەنگەنە، چیا قادر کەریم، باست حەمە غەریب، سەرباری چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ ئازاد چالاك بەڕێوەبەری ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان.

کۆمەڵێك نوسەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە شەفیق حاجی خدر، ئەسعەد قادر گۆزێ، حەسەن کوێستانی، نەژاد عەزیز سورمێ، سەباح رەنجدەر، ئەرسەلان بایز، مەولود ئیبراهیم حەسەن، رزگار عەبدولکەریم و ئازاد جندیانی.

## راپۆرتی شوبات

دیکۆمێنتێکی کۆمیتەی هەرێمەکانە کە لە شوباتی ١٩٧٦ لە سلێمانی دەرچووە، تێیدا رەخنەی توند لە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان گیراوە کە لە هەلومەرجێکی ناسکداو لە کاتێکدا کە دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس شاڵاوێکی توندوتیژیان دژی رێکخستنەکانی کۆمەڵە دەست پێ کردبوو، کوردستانی بەجێ هێشتووەو روی کردۆتە ئێران بۆ ئەوەی لەوێوە رێوشوێنێك بۆ چونە لای دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا، بدۆزێتەوە.

رەخنەکانی ناو دیکۆمێنتەکە پشت ئەستور بون بە پاساوی بەهێزو بەڵگەی زیندوو. سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە کردەوە لەبەر دوو هۆ رێکخستنەکانی توشی بێئومێدی کردبوو. یەکەم، بە شێوەیەکی رەها خۆی بۆ هیچ تەنگانەیەك ئامادە نەکردبوو و هیچ پلانێکی بۆ کاتی لێقەومان نەبوو. دووەم، لە کاتی لێقەوماندا سەری دنیای لێ هاتەوە یەك و زوو مەیدانی خەبات و رێکخستنەکانی بە پەشێوی و داماوی بەجێ هێشت و بەبێ پلانێکی تۆکمە چوو بۆ ئێران.

سەرچاوەکان بە دوو شێوەی جیاواز ناوی دیکۆمێنتەکە دێنن. جارێك بە «بەیان» ناوی دەبەن و جارێکی تر بە «راپۆرت». بەڵام بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکان، دیکۆمێنتەکە لەوە نزیکترە کە بە «راپۆرت» بناسرێ، بەتایبەتی کە دیکۆمێنتەکە ئاراستەی رای گشتی نەکراوە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ رێکخستنەکان نوسراوە.

لە روی بەهای مێژوییەوە، راپۆرتەکە بایەخێکی زۆری هەیە چونکە بەگرنگترین دیکۆمێنتی فەرمیی کۆمیتەی هەرێمەکان دەژمێردرێ. بەها دیکۆمێنتارییەکەی بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێتەوە. فاکتەری یەکەم پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی راپۆرتەکەوە هەیە کە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی داوەتە بەر تانەو تەشەرو زۆر بە توندی رەخنەی لێ گرتووە. فاکتەری دووەم ئەوەیە کە راپۆرتەکە ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی رەوتێکی تر لە ناو کۆمەڵە کە خوازیارە جێی سەرکردایەتیی پێشوو بگرێتەوە و سەرقاڵی بنیاتنانەوەی کۆمەڵەیە لەسەر بنەمایەکی تەواو جیاواز. لە کۆتاییدا رەوتەکە باڵێکی بەهێزی لێ هاتە کایەوە کە بە باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان ناسرا. لە پرسی سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵەدا، باڵەکە شەرعییەتی خۆی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی بینا کرد. یەکێکیان فریاکەوتنی کۆمەڵەیە پاش راکردنی سەرکردایەتییەکەی بۆ ئێران و پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی دیفاکتۆی جێگرەوە لە لاوانی شۆڕشگێڕ و سەرلەنوێ رێکخستنەوەی کۆمەڵە. دووەمیان جێبەجێ کردنی ئەرکی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارە، بە پشتیوانیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا.

راپۆرتی شوبات تاکە دیکۆمێنتە کە تێیدا باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان سەرزەنشتی سەرکردایەتیی پێشووی کۆمەڵەی کردووە. راپۆرتەکە هەرایەکی زۆری لە ناو رێکخستنە نهێنییەکان نایەوەو بەشێکی زۆری کادیرەکان ناوەڕۆکەکەیان رەت کردەوە. ئەمە بەم مانایە دێت کە ژمارەیەکی زۆری کادیرەکان هەوڵی خۆ دەربازکردنی سەرکردەکانی خۆیان، بە راکردن و بەزین نەزانیوە. دیارە سەرکردەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان پێشبینیی کاردانەوەیەکی توندیان لەم بارەیەوە کردووە، بەڵام ئەم پێشبینییە رێگر نەبوو لە بەردەم رەخنەگرتن لە سەرکردایەتییە راکردووەکە. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کە مەلا بەختیار، یەکێ لە سەرکردەکانی باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان، لە وتارێکدا کە ساڵی ١٩٧٩ لە ژمارە ٦ ی گۆڤاری «کۆمەڵە» بڵاوی کردۆتەوە، ئاماژەیەکی رون بەم بابەتە دەداو دەڵێ «هەر لە سەرەتاوە باش دەمانزانی کە نوسینی ئەو بەیانە و بڵاوکردنەوەی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زۆرانبازییەکی فیکریی دژوار لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی رەخنە لە خۆ گرتن و بەخۆداچونەوەو هەڵسەنگاندنی رابردوی کۆمەڵەو دەرخستنی کەموکوڕی و هەڵەکان».

کادیرەکانی کۆمەڵە دەیانزانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە کەمتەرخەم بووەو هیچ پلانێکی بۆ کاتی تەنگانە نەبوەو نەیتوانیوە کادیرەکانی لە گورزی دەزگا ئەمنییەکان بپارێزێ، بەڵام دەستگیرکردنیان لە ئێران و رادەست کردنەوەیان بە حکومەتی عیراق، بووە هۆی بزواندنی سۆزیان و دروست کردنی هاودەردی لەگەڵیان.

راپۆرتەکە مقۆمقۆیەکی زۆری لە ناو رێکخستنەکان لێ کەوتەوەو مشتومڕێکی زۆری نایەوە. دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە حوزەیرانی ١٩٧٦و لەسێدارەدانی شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید لە تشرینی دووەمدا تا رادەیەکی زۆر مشتومڕەکەی خاو کردەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو شتێك، مشتومڕ لەم بارەیەوە بە شێوەی جیاوازو بە رێوشوێنێکی هێورتر هەر مایەوە.

راپۆرتەکە لە بەشەکانی تردا باسی کێشەی جوتیاران و پێویستیی ریفۆرمی زەوی و رێوشوێنەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی چینایەتیی جوتیارانی کردووە، هەروەها بە شێوەیەکی بابەتییانەو رەخنەگرانە چەردەیەك مەسەلەی گرنگی وروژاندووە وەك پێویستیی تازەکردنەوەی کاری رێکخراوەیی و هەموارکردنەوەی رێبازی فیکری.

ساڵی ١٩٧٩ مەلا بەختیار لە وتارە ئاماژەپێکراوەکەیدا کە بە ناونیشانی «تیشکێك بۆ سەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵە» بڵاوکراوەتەوە، کتوپڕ مشتومڕەکەی سەبارەت بە راپۆرتی شوبات گەرم و گوڕ کردەوە، هەمان تێڕوانینەکانی ساڵی ١٩٧٦ی دوبارە کردەوە، سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵەی دایە بەر تانەو تەشەرو رەخنەی توند. لە وتارەکەدا وتویەتی کە سەرکردایەتیی پێشوو وڵاتی بەجێ هێشتووەو «بە نیازی دەربازبون لەو شاڵاوە دڕندانەیەی فاشیستەکان» چۆتە ئێران و ئەم کارەی شەرمەزار کرد چونکە« ئەو هاوڕێیانە نەدەبوایە مەیدانی خەبات جێ بهێڵن، کە بەجێشیان هێشت نەدەبوایە رێگای ئێران بگرنە بەر». لەم سەروبەندەشدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوی سەرزەنشت کردو وتی «ئەوان نیشتمانیان جێ هێشت، ناوەوەی نیشتمان سەنگەری خەبات و خزمەت کردن و چەسپاندن و جێگیرکردنی کۆمەڵە بوو نەك دەرەوە»، ئەویش لەو گۆشە نیگایەوە کە« تێکۆشەرە راستەقینەکان دەتوانن بمێننەوە»و لەم سەروبەندەشدا «هەر ئەو سەرکردەو کادیرانە جێگای بڕواو متمانەی

هاورێیانی خۆیان و جەماوەرن کە لە رۆژی تەنگانەو پڕ مەترسی و ناخۆشیدا خۆیان رادەگرن و هەڵنایەن». واشی دانا کە هەڵاتووەکان «دەیانتوانی بە ئاسانی لە ناو شارو دێهاتەکان بمێننەوەو رۆڵێکی باشیش لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا ببینن». هەروەك ئۆباڵی لێکترازانی شیرازەی رێکخستنەکانی خستە ئەستۆی سەرکردایەتیی پێشووی کۆمەڵە چونکە بەجێ هێشتنی وڵات «تا ماوەیەکی زۆر شیرازەی رێکخستنی پچڕاندو بووە هۆی کزبون و لاوازبونی». بەڵام هەر لەو وتارەدا دانی بەوەدا ناوە کە شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید «نەبەزانە» بەرگەی ئەشکەنجەدانیان گرتووەو نهێنییەکانی رێکخستنیان ئاشکرا نەکردووە.

وتارەکە کێشە کۆنەکەی زیندوو کردەوەو ناکۆکییە سڕکراوەکانی بزواندەوە. بڵاوکردنەوەی وتارەکە لە ئۆرگانی ناوەندی و فەرمیی کۆمەڵەدا، بەم واتایە دەهات کە ناوەڕۆکی وتارەکە گوزارشت لە رای فەرمیی کۆمەڵە دەکات. جا بۆ ئەوەی بڵاوکردنەوەی وتارەکە ئەو پەیامە چەوتە نەدا، گۆڤارەکە لە ژمارە ٨ دا رونکردنەوەیەکی کورتی بە ناوی سەرکردایەتیی کۆمەڵەوە بڵاوکردەوە، تێیدا رونی کردەوە کە وتارەکە رای فەرمی دەرنابڕێ و « ئەمە رای نوسەر خۆیەتی و بەس».

بڵاوکردنەوەی وتارەکە هاوکات بوو لەگەڵ دەرچونی سەرکردەکانی پێشوی کۆمەڵە لە بەندیخانە بە لێبوردنی گشتی. ناشزانرێ ئاخۆ بڵاوکردنەوەی وتارەکە لەو کاتەدا بە ئەنقەست بووە یان بە رێکەوت.

لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا لە ئایاری ١٩٨١ بابەتی راپۆرتی شوبات بە یەکجارەکی یەکلا کرایەوە. کۆنفرەنس رەخنەی لە هەردولا گرت. لە لایەك رەخنەی توندی لە سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵە گرت کە لە کاتێکی ناسکدا وڵات و رێکخستنە نهێنییەکانی بەجێ هێشتووە و پلانێکی تۆکمەی بۆ کاتی تەنگانەو لێقەومان و پاراستنی رێکخستنەکان نەبوە. لە لایەکی ترەوە کۆنفرەنس رەخنەی لە کۆمیتەی هەرێمەکان گرت کە پەلەی لە دەرکردنی راپۆرتەکەدا کردووە و لە کاتێکی نەگونجاودا دەری کردووە، چونکە لەو کاتەدا هەموو سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵە لە گرتوخانەو لە ژێر ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوەدا بووە. ئەوانەی دژی راپۆرتەکە بون جەختیان کردۆتە سەر ئەوەی کە ئەگەری ئەوە هەبوو دەزگا ئەمنییەکانی بەعس سود لە راپۆرتەکە وەرگرن و لە دژی ئەندامە دەستگیرکراوەکانی سەرکردایەتیی پێشوو بە کاری بهێنن.

کۆنفرەنس هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بە ناوەڕۆکی راپۆرتەکە نەبوو، بەڵام دژی کاتی بڵاوکردنەوەی بوو. تا ئەو کاتە لەو گۆشە نیگایەوە تەماشای راپۆرتەکە دەکرا کە دەزگا ئەمنییەکان لە دژی دەستگیرکراوەکان بەکاریان هێناوەو کردویانەتە بەڵگەی پەیوەندییان بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، بەڵام گفتوگۆکانی ناو کۆنفرەنس و گەواهییەکانی دواتر دەریانخست کە دەزگا ئەمنییەکان بەشی ئەوە زانیارییان لەسەر پەیوەندییە سیاسییەکانی سەرکردە دەستگیرکراوەکان هەبوە.

بەڵام لە دەرەوەی هەڵسەنگاندنە فەرمییەکەی کۆنفرەنسی یەکەم، هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کە دەزگا ئەمنییەکان راپۆرتەکەیان وەك بەڵگەی تاوانبارکردن لە دژی سەرکردەکانی کۆمەڵە بەکار هێناوە.

ئەو هەڵوێستەی کە کۆنفرەنس لەم بارەیەوە نواندی، کۆتایی بەو مشتومڕە هێنا کە پێنج ساڵ سەبارەت بەم بابەتە لە ئارادا بوو و کەیسەکەی بە یەکجارەکی داخست.

بابەتی پەیوەندیدار:
*کۆمیتەی هەرێمەکان.
*کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

## رزگار عەلی حەمە جان



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی شاری کەرکوک. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە کەرکوک تەواو کردووەو ساڵی ١٩٨٢ لە بەشی روپێوی پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر بڕوانامەی دبلۆمی بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوە کردو لە ڕێی ئەم کۆمەڵەیەوە لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە ساڵی ١٩٨٣دا چوە ریزی هێزی پێشمەرگەوەو لە تیپی ٢١ی کەرکوک ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی یەکی قەڵاسێوکەی سەر بە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان. ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی کەرتی ٣ی چەمچەماڵی تیپەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٧ بووە فەرماندەی کەرت لە هەمان تیپ.

پاش واژۆکردنی رێککەوتننامەی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە تارانی پایتەختی ئێران لە ساڵی ١٩٨٦و دوا بە دوای پێکهێنانی مەڵبەندی ٤ی بادینان بە لێپرسراوەتیی ئازاد هەورامی، لە ساڵی ١٩٨٧دا وەك لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی ناوچەکانی ئاکرێ‌و شێخان رەوانەی بادینان کرا.

لە ساڵی ١٩٨٨دا پێش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، کرایە سەرپەرشتیاری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان. ساڵی ١٩٩٠ کرایە رابەری سیاسیی بەتالیۆنی ٦ی کەرکوك. لەراپەرینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە جێبەجێ کردنی پلانە دانراوەکاندا کردو وەك جێگری فەرماندەی رەتلی تایبەت بەهێرش کردنە سەر سەربازگەی خالید بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای کەرکوکدا کرد.

پاش راپەڕین، لێپرسراوەتیی کۆمیتەی رێکخستنی بنەسڵاوەی سەر بەمەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوکی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٣ کرایە کارگێڕ لە مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر. ساڵی ١٩٩٥ وەك ئەندامی مەکتەب گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی رێکخستن و لە ساڵی ١٩٩٧دا سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی ناو کەرکوك و خانەقین و بەغداو دوزخورماتوی پێ سپێردرا.

لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە بە لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی گەرمیان دانراو دواتر کرایە پارێزگاری کەرکوك لە دەربەندیخان. ساڵی ٢٠٠٣ لە سەروبەندی روخانی رژێمی بەعس، بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی چونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو شاری کەرکوك و لەم سەروبەندەدا لە ساڵی پاشتردا بەشدار بوو لە پێکهێنانی کۆمەڵەی فریاکەوتنی ئاوارەکانی کەرکوك بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکوك و چارەسەرکردنی کێشەکانی سەرلەنوێ نیشتەجێبونیان.

لە ماوەی نێوان ٢٠٠٥-٢٠١١دا سەرۆکی

ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بوو. ساڵی ٢٠١٢ لێپرساوەتیی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گرتە ئەستۆو ساڵی ٢٠١٣ لێپرساوەتیی مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێری پێ سپێردرا.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠دا لە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕدا، بە ئەندامی دەستەکە هەڵبژێردرا و بەپێی هەردوو مادەی ٣٩ و ٤١ی پەیڕەوی ناوخۆ بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

## رزگار هاودیانی



پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان و فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی رزگار جەعفەر سەید عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گوندی هاودیان لە ناوچەی سۆران لە باکوری پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لە هاودیان و ناوەندیی لە رەواندز تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨١ ئامادەیی کشتوکاڵی لە ناحیەی کەڵەك تەواو کردووە.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، کاتێك خوێندکاری ئامادەیی کشتوکاڵ بووە لە کەڵەك. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی گەڵاڵە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردو پاشان لەوێوە بۆ بارەگای مەکتەبی عەسکەری لە زەڵێ گوێزرایەوە. لەوێ لە دەستەی سەید کەریم هاودیانی دامەزرا.

ساڵی ١٩٨٢ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٨٣ ی هەورێ. پاش هەڵوەشاندنەوەی تیپەکە لە ساڵی ١٩٨٣ و پێکهێنانی تیپی ٩٧ی بێتواتە، لە تیپە تازە پێکهێنراوەکە وەك فەرماندەی مەفرەزە خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٨٥ دوای دامەزراندنەوەی تیپی ٨٣ی هەورێ، کرایە فەرماندەی کەرت لەو تیپە.

ساڵی ١٩٨٨ گوێزرایەوە بۆ بیتوێن و کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٩٩ی بیتوێن. پاش شەڕەکانی دۆڵی جافایەتی و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەگەڵ هێزێك بە فەرماندەیی حەسەن کوێستانی بە پارتیزانی لە ناوچە سوتماك کراوو چۆڵکراوەکانی ئاکۆیەتی مایەوە. ساڵی ١٩٨٩ پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تیپەکان و کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، کرایە فەرماندەی تیپی ٧٤ ی کاروخ لە بەتالیۆنی چوار.

لە تەمەنی پێشمەرگایەتییدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە (١٩٨٣)، شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنی رەواندزو داستانی رزگاری و گرتنی تەقتەق (١٩٨٧)، سەرباری شەڕەکانی بنەباوێ، شاخی شیشار، قۆپی سورو چەندانی تر. لەو چالاکییانەدا دوو جار بریندار بووە. لە پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە چەند خولێکی عەسکەریدا کردووە لەوانە خولی نەخشەو قومباس لە ساڵی ١٩٨٤، خولی کاتیۆشاو هاوەن لە بالیسان لە ساڵی ١٩٨٥ و خولی قەناس کە ساڵی ١٩٨٩ رەفیق عەبدوڵڵا سەبری ناسراو بە مامۆستا ئەنوەر لە زەڵێ رێکی خستووە. جگە لەوەی کە ساڵی ١٩٨٨ بەشدار بوو لە خولێکی فەرماندەیی لە تاران کە قەرارگای رەمەزانی سوپای پاسدارانی

ئێران بۆ کادیرە عەسکەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێکی خستبوو.

ساڵی ۱۹۹۱ بەشدار بوو لە ڕاپەڕین و لەگەڵ هێزێکی گەورە کە لە ۱٥۰ پێشمەرگە پێکهاتبوو و حەسەن کوێستانی فەرماندەیی دەکرد، چووە ناوچەی پشدەرو لەوێوە هێزەکە بوو بە دوو بەش. ئەو لەگەڵ ئەو بەشەدا بوو کە بەرەو پیرمام و هەولێر بەڕێ کەوت.

پاش ڕاپەڕین بووە بەرپرسی سیاسیی هێزی ۱۲ ی باڵەك. ساڵی ۱۹۹۳ ڕاژەی بۆ کاروباری ئاسایش گوێزرایەوەو لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر دامەزرا.

ساڵی ۱۹۹۷ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵە. ساڵی ۱۹۹۷ چووە دەرەوەی وڵات و لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. ساڵی ۲۰۰٤ گەڕایەوە بۆ کوردستان. ساڵی دواتر کرایە لێپرسراوی ئاسایش لە ئەنجومەنی وەزیـران. ساڵی ۲۰۱۳ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر بە دەست هێنا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*تاران (خولی فەرماندەیی).

*هەورێ (تیپ).


## رزگاری (نەخشە)

نــەخـشــەیــەکــە بــۆ ڕێـکـخـسـتـنـی پـــرۆســـەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، تاڵەبانی لە دیمەشق پێشکەش بە کۆبونەوەی ۲۳ی ئایاری ۱۹۷٦ی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کـردووە. تاڵەبانی زۆر بە چڕی، تێڕوانینەکانی خۆی لە نەخشەکەدا نمایش کردووەو خوازیار بووە گوزارشت لەو بیرۆکە بنچینەییە بکات کە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار دەشێ ببێ بە دەستپێکی پرۆسەی بە عیراقیکردنی شۆڕش.

نەخشەکە لە سێکتەری پرنسیپە بنەڕەتییەکاندا ئاماژەی بە چەند بنەمایەکی گرنگ کردووە وەك جۆشدان و ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەو ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵکی، پشت بە خۆ بەستن، پـیـادەکـردنـی شـەڕی پـارتـیـزانـی و گـەیـانـدنـی، لـە قـۆنـاغـەکـانـی داهـاتـودا، بـە ئـاسـتـی جەنگی شۆڕشگێڕانەی گەل.

هـەر لـەو سێکتەرەدا نەخشەکە جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە پڕۆژەی شۆڕشگێڕانە پێویستی بە هاوکاری و پشتیوانیی دوو گروپە، یەکێکیان هێزە شۆڕشگێڕەکانی عـەرەبـە، لە سـەروی هەمویانەوە کۆڕبـەنـدی نیشتمانیی عـیـراق، ئـەوی تـر هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێران و تورکیایە کە ئەمەش زۆرتر گروپە چەپە کوردەکانی ئێران و تورکیا دەگرێتەوە.

لە سێکتەری ڕێساکانی کاردا نەخشەکە جەختی کردۆتە سەر پێکهێنانی یەکەی چەکداری بچوك



اسم الخطة ـ رزگاري

الهدف: اشعال الثورة مجدداً في كردستان تمهيداً لثورة عراقية (عربية كردية) تستهدف الديموقراطية للعراق والحكم الذاتي الحقيقي لكردستان العراق

أسس سياسية:

① الثورة تعتمد على الجماهير، لذلك فان مهمتنا الرئيسية هي استنهاض وتنظيم وتوعية وقيادة الجماهير الشعبية ومراعاة مبدأ الاعتماد على النفس (على الشعب وطاقاته الخلاقة) ومراعاة قواعد حرب الأنصار العصرية تمهيداً لتحويلها الى حرب الشعب الثورية.

② الالتحام الكفاحي مع القوى الثورية الوطنية (الممثلة للجماهير الكادحة) المؤمنة بحق الشعب الكردي في تقرير المصير اولاً ومن ثم مع القوى الوطنية والتقدمية الأخرى.
التلاحم الكفاحي في ساحة النضال الفعلي هو الأساس والجوهر والتجمع الوطني العراقي هو الاطار الوطني العام.

③ الالتحام الكفاحي مع القوى التقدمية الكردستانية في ايران وتركيا والاستعداد لمختلف الاحتمالات باعتبار كردستان وطننا المجزأ وباعتبار ان استنهاض جماهيرها وتنظيمها وتوعيتها هو مهمة مشتركة لجميع الاحزاب الكردستانية التقدمية.

قواعد العمل

① ايجاد وحدات مسلحة صغيرة ومتحركة تتألف من خيرة العناصر الثورية الواعية والشجاعة، مهمتها الرئيسية في المرحلة الراهنة هي: الدعاية السياسية، التوعية، التنظيم، التحريض الجماهيري، رفع معنويات الناس وحماية الكوادر والعناصر الثورية الهاربة من الارهاب.

بچوك كە ئەركەكەیان لە سەرەتادا گورز وەشاندن لە هێزە چەكدارەكانی دوژمن نیە، بەڵكو هۆشیار كردنەوەو ڕێكخستن و بەرزكردنەوەی ورەی جەماوەرەو لەم سەروبەندەدا ئەو یەكە چەكدارانە دەبێ وەك تیمی پرۆپاگەندەی چەكدار كار بكەن. نەخشەكە زۆر جەختی كردۆتە سەر ئەوەی كە دەبێ تیمەكانی پرۆپاگەندەی چەكدار خۆیان لە شەڕو پێكدادان لادەن و زۆرتر سەرقاڵی سازدانی جەماوەر بن بۆ ڕاپەڕینی گشتی.

یەكێ لە گرنگترین خاڵەكانی نەخشەكە ئەوەیە كە داوا لە سەركردەكانی ناو وڵات دەكا یەكەی چەكدار پێك بێنن و لە كاتی دیاریكراودا بیاننێرن بۆ دەرەوەی شارەكان. هەروەها نەخشەكە سەبارەت بە دابین كردنی چەك، لەسەر دوو ئاست كاری كردووە. ئاستی یەكەم ئاستی دەرەوەی وڵاتەو ئەركەكەی پەیداكرنی چەك و ناردنێتی بۆ ناو وڵات. ئاستی دووەمیش ئاستی ناو وڵاتەو ئەركەكەی دابین كردنی حەشارگایە بۆ هەڵگرتنی چەكی نێردراو. لەم بابەتانەدا تاڵەبانی لەگەڵ سەركردەكانی ناو وڵات كۆنتاكتی بەردەوام و ڕاستەوخۆی هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ شاسوار جەلال لە كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و لەگەڵ هەر یەك لە عەلی عەسكەری، عومەر مستەفا، خالید سەعید، ڕەسول مامەند و تاهیر عەلی والی لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان.

نەخشەكە ئەوەی فەرامۆش نەكردووە كە دەستپێكردنەوەی خەباتی چەكدار پێویستی بە پێكهێنانی فەرماندەییەكی ناوەندییە بۆ بەڕێوەبردنی چالاكیی پێشمەرگانە لە هەموو ناوچەكاندا، هەروەك ئەوەی فەرامۆش نەكردوە كە پرۆسەكە پێویستی بە بەردەوامیی پەیوەندیی نێوان یەكە چەكدارەكان و نێوان ئەو یەكانەو فەرماندەیی عەسكەری دەبێ، بۆیە لە خاڵی حەوتەمی سێكتەری ڕێساكانی كاردا ئاماژەی بە پێویستیی بەدەستهێنانی دەزگای بێسیم كردووە، هەروەك لایەنی میدیاییشی پشت گوێ نەختسووە، بۆیە ئاماژەی بە بەگەڕخستنی ئێزگە كردووە بۆ بڵاوكردنەوەی دەنگوباسی شۆڕش.

پاشان، لە ڕەوتی مشتوماڵ كردنی نەخشەكەدا، ئاماژە بەوە كراوە كە ناردنی یەكەی چەكدار لە سوریاوە بۆ ناو وڵات بەس نیە بۆ هەڵسوڕانی پرۆسەكە بە ڕێكوپێكی، بۆیە پێشنیاری ئەوە كراوە كە لەگەڵ ئەو یەكە چەكدارانەی كە بۆ ناو وڵات دەنێردرێنەوە، هەندێ لە سەركردەكانیش بنێردرێنەوە، لەوانە نەوشیروان مستەفا كە یەكەم ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بوو بگەڕێتەوە بۆ وڵات. هەروەها پێشنیار كراوە لەگەڵ ناردنی دووەم تیمی یەكە چەكدارەكان لە سوریاوە بۆ ناو وڵات، هەندێ لە كادیرەكانی حزبە ئەندامەكانی كۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقیش بنێردرێنەوە وەك گوزارشتێك لە هاوخەباتیی شۆڕشگێڕانە.

نەخشەكە هیچ خشتەیەكی كاتی دانەناوە، قۆناغبەندیشی تێدا نیە، بەڵام لە دوو شوێن فاكتەری كات لە بەرچاو گیراوە، لە یەكێكیاندا باسی پێویستیی دابین كردنی بڕێكی گونجاوی پارەو تفاق بۆ ماوەی یەك ساڵ بۆ دابین كردنی پێداویستییەكانی شەڕی پارتیزانی كراوە، لەوی دیكەدا لە ڕەوتی گفتوگۆدا پێشنیار كراوە كات بۆ ناردنەوەی یەكە چەكدارەكانی ناو سوریا دیاری بكرێ.

لە هەڵسەنگاندنی گشتیدا دەردەكەوێ كە بەشێكی زۆری نەخشەكە جێبەجێ نەكراوە چونكە بارودۆخی پاش دەستپێكردنەوەی خەباتی چەكدار لەوە ئاڵۆزتر بوو كە بە نەخشەیەكی سەرپێیی وەك نەخشەی «ڕزگاری» بەڕێوە بچێ. هەرچەند لە نەخشەكەدا جەخت كراوەتە سەر ئەوەی كە دەبێ یەكە چەكدارە پێكهێنراوەكان زۆرتر وەك تیمی پرۆپاگەندەی چەكدار

هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام لە ناو وڵات کەمترین پابەندبون بەم مەسەلەیە هەبوو، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکێکیان ئەوەیە کە رژێمی عیراق لە ساڵی یەکەمی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا توندوتیژییەکی زۆری بۆ دامرکاندنەوەی جوڵانەوە تازەکە بەکار هێناو هیچ دەرفەتێکی بۆ ئەوە نەڕەخساند کە مەفرەزە سەرەتاییەکان وەك تیمی پرۆپاگەندەی چەکدار هەڵسوکەوت بکەن. هۆی دووەمیش پەیوەندیی بە ستراتیجی عەسکەریی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە هەیە کە زۆرتر بە لای شەڕی خێڵەکی و قەبەکرنی قەوارەی راپەڕینەکەدا دایدەشکاند بەو مەبەستەی کە لە ماوەیەکی کورتدا هێزێکی گەورەی چەکدار بێتە ئاراوە کە ئەمەش لەگەڵ ناوەڕۆکی نەخشەی «رزگاری» دا نەدەگونجا. راپۆرتی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨١، زۆر بە وردی ئاماژەی بەم خاڵە کردووەو تێیدا هاتووە کە ستراتیجی عەسکەریی بزوتنەوەی سۆسیالیست «هەر لە سەرەتاوە» لە ستراتیجی کۆمەڵەی رەنجدەران و پلانەکەی تاڵەبانی «جیاواز» بووە. راپۆرتەکە ئۆباڵی جێبەجێ نەکردنی پلانی «رزگاری» بە شێوەیەکی راشکاوانە دەخاتە ئەستۆی بزوتنەوەی سۆسیالیست و دەڵێ «بە هاتنی بزوتنەوە بۆ ناو شۆڕش، هەموو ئەو نەخشەیەی کە دانرا بوو بۆ دروست کردنی تیمی پرۆپاگەندەی چەکدار لە مانگەکانی هەوەڵدا، بۆ ئەوەی کە بە شێنەیی و بە شێوەیەکی ئاسایی مەفرەزەکان گەشە بکەن تێکچوو». راپۆرتەکە سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیست بەوە تۆمەتبار دەکا کە بۆ قەبەکردنی هێزی پێشمەرگە «بە پەلە بون» و گوێیان بە «چۆنایەتی» نەداوە بە چەشنێکی وا کە خەریك بوو هێزی پێشمەرگە لە ئەنجامدا ببێ بە هێزێکی «عەشایری». راپۆرتەکە وای دادەنێ کە سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیست بە تەمای دروست کردنی «قورساییەکی عەسکەری» بون بۆ ئەوەی حکومەتی عیراق «ناچار» بێ «هەندێ لە داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات». لە بەرەنجامی کۆتاییدا راپۆرتەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە سەرکردەکانی بزوتنەوە «هەمیشە بە ئومێدی مفاوەزات و رێککەوتن بون لەگەڵ دەوڵەت» و وای نیشان دەدا کە ئەم رێبازە گوێی بە «عەدالەتی مەسەلەکە» و «خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕو خەباتی درێژخایەن و گەشەکردنی بەشێنەیی» نەداوە. تاکە شوێن کە تێیدا یەکە چەکدارەکان زۆر بە رێکوپێکی وەك تیمی پرۆپاگەندەی چەکدار هەڵسوکەوتیان کردوە، بادینان بووە کە تێیدا ئەو مەفرەزانەی کە لە سوریاوە نێردرانەوە، چونکە مەشقی عەسکەرییان کردبوو و ئاستێکی بەرزی دیسپلینیان تێدا بوو، دەقاودەق پابەندی نەخشەکە بون. بەڵام ئەم مەفرەزانە لەسەر دەستی هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان تەفروتونا کران. بەمەش تاکە دەرفەتی کارکردن وەك تیمی پرۆپاگەندەی چەکدار بەفیرۆ چوو.

هەروەها پرۆژەی ناردنی چەك و تفاق لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بۆ کوردستان شکستی هێنا. بەڵام هەوڵەکە تا هاوینی ١٩٧٨ هەر بەردەوام. لە کۆتاییدا شکستی ئۆپەراسیۆنی هەکاری لە ساڵی ١٩٧٨، تەواوی پرۆژەکەی بە یەکجارەکی لەناو برد. سەربار، بە درێژایی دوو ساڵ و نیوی سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، هیچ دەرفەتێکی لەبار بۆ دانانی ئێزگە نەڕەخسا. ئەو دەرفەتە تەنها پاش روخانی رژێمی شا لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ رەخسا.

تاڵەبانی کە خۆی نەخشەکەی داناوە، نەیتوانی لە دورەوە سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی بکات. کاتێکیش

له ساڵی ١٩٧٧ گەڕایەوە، رووداوەکان جێبەجێ کردنی دەقاودەقی نەخشەکەیان تێپەڕاند بوو. لە لایەکی ترەوە، کۆشش بۆ رزگارکردنی بزوتنەوەی چەکداری کورد لە لۆکاڵبون و فراوان کردنی کایە جوگرافییەکەی بە ئەندازەیەك کە وەرچەرخانێکی گەورە بە خۆیەوە ببینێ و ببێ بە شۆڕشێکی عیراقی، وەك نەخشەکە هەوڵی بۆ دەدا، تەنانەت چەند ساڵێکیش پاش دانانی نەخشەکە، هەر نەهاتە دی.

## پاشکۆ

### دەقی نەخشەی رزگاری

ئامانج: سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە کوردستاندا وەك رێ خۆش کردنێك بۆ شۆڕشێکی عێراقی (عەرەبی- کوردی) کە ئامانجەکەی دیموکراسی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینەیە بۆ کوردستانی عێراق.

**پرنسیپە بنەڕەتییەکان:**

١. شۆڕش کارێکی جەماوەرییەو پشت بە جەماوەر دەبەستێ. بۆیە ئەرکی سەرەکیمان جۆشدان و ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەو رابەرایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵکییە بە ڕەچاوکردنی پرنسیپی پشت بەخۆبەستن، پشت بەگەل و وزەی داهێنەرانەیو لەبەرچاوکردنی ڕێساکانی شەڕی هاوچەرخی پارتیزانی وەك سەرەتایەك بۆ گۆڕینی ئەم شەڕەو کردنی بە جەنگی شۆڕشگێڕانەی گەل.

٢. یەکگرتنی تێکۆشەرانە لە سەرەتادا لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی عەرەب کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب دەکەن و باوەڕیان بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد هەیەو پاشان لەگەڵ هێزە نیشتمانیو پێشکەوتنخوازەکانی دیکە.

٣. یەکگرتنی تێکۆشەرانە لە گۆڕەپانی خەباتی ڕاستەقینەدا بە بنچینەو بناغە دادەنرێو کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقیش چوارچێوە نیشتمانییە گشتییەکە پێکدێنێ.

٤. یەکگرتنی تێکۆشەرانە لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی ئێران و تورکیا و خۆ ئامادەکردن بۆ هەموو جۆرە ئەگەرێك لەو ڕوانگەیەوە کە کوردستان نیشتمانی پارچە پارچەکراوی هەموومانە و لەو ڕوانگەیەشەوە کە جۆشدان و ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر ئەرکی هاوبەشی هەموو حزبە کوردستانییە پێشکەوتنخوازەکانە.

**ڕێساکانی کار:**

١. دروستکردنی یەکەی چەکداری بچوك و جوڵاو کە لە چاکترین کادیری شۆڕشگێڕ و هۆشیارو دلاوەر پێکدەهێنرێن. ئەرکی سەرەکیی ئەو یەکانە لە قۆناغی ئێستادا پڕوپاگەندەی سیاسی، هۆشیارکردنەوە، ڕێکخستن، هاندانی جەماوەر، بەرزکردنەوەی وورەی خەڵکیو پاراستنی ئەو کادیر و کەسە شۆڕشگێڕانەیە کە لەشارەکان ڕادەکەن.

٢. ئەم یەکانە ئەوەندەی پێیان بکرێت خۆیان لەوە دەپارێزن کە تووشی پێکداچوونو پێکداهەڵپڕژان بن لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی دوژمندا تا ئەو کاتەی هەلومەرجەکە گونجاوتر دەبێو کاتی راپەڕینی گشتی دێ.

٣. کادیرە هۆشیار و دلێر و بوێرەکانی دەرەوەی وڵات بەرە بەرە دەگەڕێنەوە بۆ ناو وڵات، بنکەی نهێنیی جوڵاو بۆ خۆیان دادەنێن، پەیوەندیو کۆنتاکت لەگەڵ ڕێکخراوەکان دروست دەکەن و لەو شوێنانەی کە ڕێکخستنیان لێ نییە، کار دەکەن بۆ ڕێکخستنی جەماوەر.

٤.هاوڕێیانی ناو وڵات لە هەموو شوێنێکی وڵات یەکەی چەکدار پێکدێنن کە هەمان ئامانجیان هەیە.

ڕێکخستنەکانی ناوخۆ فەرمان بۆ هاوڕێکانیان و بۆ ئەو کەسە شۆڕشگێڕانەی لە نزیکەوە دەستیان پێ دەگا دەردەکەن کە لە کاتی گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی ناوچەکە فەرمانەکانی حکومەت جێبەجێ نەکەن و بۆ هەمان مەبەست پەنا بۆ چیاکان ببەن.

٥. ناردنی هێزو تەقەمەنی بۆ ناو وڵات بۆ دابەش کردنی بەسەر هاوڕێیاندا و هەڵگرتنی لە شوێنی نهێنی.

٦. پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی ناوەندیی یەکگرتوو بۆ سەرکردایەتی کردن و ڕێکخستنی چالاکییەکانی یەکە چەکدارەکانی تەواوی ناوچەکان بە لەبەر چاوگرتنی بنەمای ناسەنترالیزم لە شەڕی پارتیزانیدا لەجێبەجێکردن و تاکتیکداو لەبەرچاوگرتنی بنەمای ناوەندێتی لە پلانی گشتیو ستراتیجدا.

٧. بەگەڕختستنی ڕادیۆو دەستخستنی ئامێری بێتەل و بەدەستهێنانی هەندێ جۆر چەکی وەك موشەکی دژ بە تانك و فڕۆکە.

**هەندێ پێداویستیی دیکە:**

١. دابین کردنی پشتیوانییەکی دەرەکیی سیاسیو پڕوپاگەندەیی- ماددیو مەعنەوی.

٢. دابین کردنی بڕێك پارەو تفاق بەشی ساڵێك شەڕی پارتیزانیی سنوردارو جوڵاو بکات.

٣. مسۆگەر کردنی پشتیوانیی لانی کەم هەندێ هێزی عەرەب (بەعسیو ناسری)، سەرباری هاوبەستەگیی تەواو لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی عێراقدا.

**پێشنیارە زیادکراوەکان:**

١.ناردنی چەند کادیرێکی سەرکردەیی بۆ ناو وڵات و کادیرێکیش بۆ ناو تورکیا.

٢. ناردنی هەندێ لە برا عەرەبەکانمان لەگەڵ گروپی دووەمدا.

٣.کارکردن بۆ دەستەبەرکرنی هێڵی فریاکەوتن (ئازوقە و تەقەمەنی).

٤.دابین کردنی گوزەرانی ئەو کەسانەی کە بۆ ناو وڵات دەنێردرێنەوە.

٥.دانانی پلانێکی زەمەنی بۆ گروپەکان و ناردنیان بۆ ناو وڵات.

٦.ڕاپەڕین دەبێ لە ناوەوە ڕابگەیەنرێو لە ناوەوە دەست پێ بکات.

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## رزگاری (رۆژنامە)





ئۆرگانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ٢٥ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە ١ی لەئابی ١٩٨٥ دەرچووەو ژمارە ٢٥ی لەکانونی دووەمی ١٩٨٨. لەئایاری ١٩٨٥دا مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەگەڵ بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا، لە ناوچەی مەرگەوە

گوێزرایەوە بۆ دۆڵی جافایەتی و لە کانی زێوکەی هەڵەدن جێگیر بوو. لەوێ، مەکتەبی ڕاگەیاندن کە پێشەوا تاڵەبانی لێپرسراوی بووە، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ڕزگاریی دەرکردووە. ژمارە ٢ی ڕۆژنامەکەش هەر لەوێ دەرچووە. لە ژمارە ٣ بەدواوە، چەند ژمارەیەکی لەگوندی مالومە لێ دەرچووە.

هاوینی ١٩٨٦ بارەگای مەکتەبی ڕاگەیاندن بۆ سەرگەڵوو گواسترایەوە و ڕۆژنامەکە تا سەرەتایساڵی ١٩٨٨ لەوێ دەرچوو. ڕۆژنامەکە وەك زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی شاخ، سەرنووسەرو دەستەی نوسەرانی جێگیری نەبوو، سەرپەرشتیارەکانی کە ئەرکی سەرنووسەرییان دیوە زوو زوو گۆڕاون لەوانە دکتۆر فوئاد مەعسوم، دکتۆر خدر مەعسوم، پێشەوا تاڵەبانی، پێشڕەو برایم سەعید، فازڵ قەساب.

ژمارەیەکی زۆری نوسەران، هەندێکیان بە ناوی خۆیان و هەندێکی تریان بە ناوی خوازراو، نوسینیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە سیار بامەڕنی، حسێن سنجاری، جەوهەر کرمانج، سامی شۆڕش، ڕەهبەر سەید برایم، دکتۆر فوئاد مەعسوم، پێشەوا تاڵەبانی، دکتۆر خدر مەعسوم، پێشڕەو برایم سەعید، سەربەست بامەڕنی، فازڵ قەساب، شێرکۆ بێکەس، سەعدوڵڵا پەرۆش و محەمەد حەمە باقی. بەشێکی ئەو نوسەرانە ئەندامی یەکێتیی شۆڕشگێڕان نەبوون.

ساڵی ٢٠١١ سەرجەم ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بە کۆششی ڕەهبەر سەید برایم لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «ڕزگاری: دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان» بە چەندین بەڵگەنامەوە، لە سلێمانی لە لایەن ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران و بنکەی ژینەوە لە چوارچێوەی پرۆژە هاوبەشەکانی هەردوو دەزگادا بڵاوکرایەوە. ساڵی ٢٠١٧ کتێبەکە چاپی دووەمی لێ دەرچوو.




## پاشکۆی ژمارە ١

### یەکەم سەروتاری ڕۆژنامەی «ڕزگاری»

ئەمڕۆ نەتەوەی کورد بە بارودۆخێکی دژوارو پڕ مەترسیدا تێدەپەڕێ. لە لایەکەوە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بە هەموو جۆرە چەکێك هەوڵی لەناوبردنی دەدەن و دەیانەوێ پارچە پارچە کردنی کوردستان وەکو واقیعێکی لە گۆڕان نەهاتوو بسەپێنن. لە لایەکی ترەوە خەباتی نەتەوەی کورد لە ئەنجامی هەندێ بۆچونی هەڵەدا کە ئێستا بە تەواوی ئاشکرا بووە، دروشمەکانی کوردایەتیی لە هەر پارچەیەك بە جۆرێ گونجاندووە کە بۆنی جیابونەوەی لێ نەکرێ وەك ئەوەی دابەشکردنی

کوردستان راستییەکی جوگرافی بێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی گەورەی لەسەر بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستان و گیانی کوردایەتی دروست کردووە، بەتایبەتی کە سەرجەم رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان هاوهەڵوێستن دژی خەباتی گەلی کوردو لە زۆربەی جاردا هاوپەیمان و هاوکارن بۆ لێدانی بزوتنەوە رەواکەی.

لەبەر ئەوە خەباتی خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان نابێت خۆی بکاتە دیلی جوگرافیاو دەستکردی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی. لە کاتێکدا کە چەرخی بیستەم چەرخی پڕ خەباتی خوێناویی نەتەوەی کوردە، وا گەیشتۆتە ئاخەلێوەی و دەری خستووە کە ئۆتۆنۆمی یان دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان لەلایەن ئەو رژێمە داگیرکەرانەوە تەنیا ئەفسانەیەکی هەڵبەستراوەو خۆبەستنەوە بەم بۆچون و دروشمانە، دوای ئەم هەموو تاقیکردنەوە پڕماڵوێرانییە، فووکردنە لە کوندەی دڕاو.

ئەمڕۆ گەلی کوردستان بە قۆناغی رزگاریی نیشتمانیدا دەڕوات و ئەم قۆناغەش بێگومان پێداویستی و کەرەستەی خۆی هەیەو پێویستە واقیعییانە، دور لە کێشەی لاوەکی و بێ ئەنجام، دور لەکلێشەی ئامادەکراوی شوێنانی تر، بیر لەو پێداویستییانە بکەینەوەو هەوڵی سازکردنی کەرەستەکانی بدەین.

خۆشبەختانە خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەرەو ئەو بۆچونە دەڕوات، بەرەو یەکگرتنەوەو بیرکردنەوە لە دانانی ستراتیجێکی گشتی کە گەلی کورد هەموی لە دەوری کۆ بێتەوەو یەکێتیمان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەکو رێکخراوێکی کوردستانی و دیموکرات، بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ هەڵگری ئالای ئەم رێبازە پیرۆزە بێت و دەرکردنی رۆژنامەی «رزگاری»یش هەوڵێکی دیکەیە لەم پێناوەدا.

«رزگاری» دەیەوێ ئازادانەو بەپێی بۆچونێکی واقیعییانە هەموو ئەم راستییانە رون بکاتەوەو زەمینەی لەبار بۆ هاتنە دییان خۆش بکات و لە هەمان کاتدا دەرگاش بۆ هەموو ئەو خامانە دەکاتەوە کە دەیانەوێ نوسینەکانیان تێدا بڵاو بکەنەوە، چ بۆ گەشەکردن و بایەخدان بە ناوەڕۆکی کوردایەتی و پێویستیی یەکێتیی خەبات، چ بۆ موناقەشەکردنیان لەسەر بنچینەیەکی زانستییانەو بە شێوەیەکی بابەتییانە.

هیوادارین «رزگاری» ببێتە جێگەی بڕوای رۆشنبیران و جەماوەری گەلەکەمان و بتوانێت بیری رزگاری و نیشتمانی و یەکێتیی خاك و گەلی کوردستان لە ناو جەماوەری کوردستاندا بچەسپێنێت و قووڵ بکاتەوە رووەو سەرکەوتن و هێنانە دیی تەواوی ئاوات و ئامانجی رەوایان و ئاراستەکردنیان.

سەرچاوە: رۆژنامەی «رزگاری»، ژمارە ١، ئابی ١٩٨٥، ل١.

## پاشکۆی ژمارە ٢

### دوایین سەروتاری رۆژنامەی «رزگاری»

هەر لەو کاتەوەی حزبی بەعس بە کودەتایەکی رەش جڵەوی حوکمڕانیی عیراقی گرتۆتە دەست تا ئەمڕۆ، لەسەر هەموو ئاست و بوارێك جەنگی لەناوبردنی کوردی هەڵگیرساندووە. کاول و تەخت کردنی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان بە بلدۆزەرو دینامیت و ئاوارەو دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکانیان، سوتاندنی دارو درەخت و جەنگەڵەکانی کوردستان بە گوللەی تۆپ و بۆمباران کردن، دەرکردنی فەرمانبەرو

کرێکارانی کورد لە دەزگاو دامەزراوو کارگەکانی دەوڵەت تا لەسێدارەدانی منداڵ و گوللەباران کردنی بەکۆمەڵ لە شارو دێهاتەکانی کوردستان و هێنانە مەیدانی چەکی کیمیایی لە شەڕی کوردستان، تەنانەت لەم داوییانەشدا بەکارهێنانی ژەهر بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێڕە کوردەکان.

واتە دەوڵەتی بەعسی عیراق بە هەموو تواناو ئیمکانیاتی دەوڵەتیی خۆیەوە هەمیشە خەریکی پیلانگێڕانە بۆ لەناوبردنی گەلی کوردستان، ئینجا ئایا بەرامبەر بەم مەترسییە کە هەڕەشەیەکی گەورە لە مانی گەلی کورد دەکات، هێزە سیاسییەکانی کوردستان چ نەخشەیەکیان بۆ بەگژاچونەوەو لەناوبردنی ئەو پیلانە گڵاوەی بەعس کێشاوە لە عیراقدا؟

راستە ئاشتبونەوەی گشتی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاڵا هەڵگری بووە، سەری گرت و ئەمڕۆ هێزە کوردستانییەکان لە نێوان خۆیاندا تەبان بەڵام ئایا هەر تەنیا تەبایی واتە «لە یەکتر دڵنیابون» زامنی لەبەریەك هەڵوەشاندەوەو پوچ کردنەوەی پیلانی گڵاوی بەعسە لەمەڕ لەناوبردنی گەلی کورد؟

ئێمە پێمان وایە تەبایی نێوان هێزەکانی کوردستان هەنگاوی پێویستی ئەو قۆناغەو سەرەتایەکی گرنگی چەندین هەنگاوی داهاتووە، نەك پشتێن لێ کردنەوەو فەرامۆش کردنی ئەو پیلانە گەورەیەی کە ئەمڕۆ هەڕەشە لە سەرجەم گەلی کورد دەکات لە کوردستانی عیراق.

لە کۆبونەوەی ١٨ی تەموزی ١٩٨٧ دا بڕیاری پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی درا کە هیواو ئاواتی مێژینەی خەڵکی کوردستان بوو، بۆیە خەڵکی کوردستان زۆر بە خۆشییەوە پێشوازییان لێ کردو ئومێدیان پتر پەیدا کرد بەڵام ئایا دەبێ ئەو هیوا و ئومێدەی خەڵك ئەوەندە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە تا وەك مەسەلەی موناقەشە بیزەنتییەکانی لێ بێ؟ کاتێ قوستەنتینیە داگیر کرا، هێشتا بیزەنتییەکان لە چەندو چۆن و مشتومڕی نێوان خۆیان نەبوبونەوە.

دروست کردنی بەرەی کوردستانی کە بەرەیەکی مەیدانی و بۆ رێکخستنی خەباتی گەلی کوردە لەم قۆناغە پڕ مەترسییەی گەلەکەمان، پێویستی بەم هەموو چەندو چۆن و موناقەشەیە نیە. ئەرکی ئەمڕۆی هێزە کوردستانییەکان لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی نیە دەربارەی مەسەلەی کورد بەڵکو ئەرکی ئەمڕۆ یەکخستنی هێزو دەزگاکانی شۆڕش و تەکتیکی خەبات و شێوەی کاری شۆڕشە.

ئەمڕۆ گەلی کوردستان بەگشتی و پێشمەرگە بەتایبەتی داوا دەکەن ئەو هێزە سیاسییانەی کوردستان پەلە لە دروست کردنی بەرەی کوردستانی بکەن ئەگەر رێبازو دروشم و مەبەستیان خزمەت کردنی کوردستان و گەلی کورد بێ، چونکە بارودۆخی بابەتیی کوردستان و عیراق لەوە پێگەیشتوتر نابێت بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، بەڵام بەداخەوە لایەنی زاتی لە ئاستی کێشی لایەنی بابەتیدا لاسەنگە.

ساردبونەوەو ساردکردنەوەی گوڕو تەوژمی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بەپێچەوانەی بەرژەوەندی و داخوازیی رەوای خەڵکە بۆ ئەوەی لە ژێر ئاڵای ئەو بەرەیەدا بە تین و تەوژمێکی تر دروشمی کوردستان یان نەمان بکەنە حەقیقەتێکی سەر گۆڕەپانی خەبات، بۆیە دەڵێین دروست کردن و راگەیاندنی بەرەی کوردستانی سەنگی مەحەکی هێزەکانی کوردستانە لە خەباتیاندا.

سەرچاوە: رۆژنامەی «رزگاری»، ژمارە ٢٥، کانونی دووەمی ١٩٨٨، ل١.

## رزگار یاخیانی*



پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان. ناوی تەواوی رزگار محەمەد ئەمین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٧ی گوندی یاخیانی دۆڵی جافەتی. ساڵی ١٩٨٢پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٤بۆتە پێشمەرگە لە تیپی ٦٣ی جوتیاران و لەوێ پلەی فەرماندەی مەفرەزەی وەرگرتووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و لە کاتی بەڕێوەچونی یەکەم شاڵاوی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨لەدۆڵی جافەتی، بەشدارییەکی بەرچاوی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا کرد.

پاش قۆناغی ئەنفالەکان، گوازرایەوە بۆ هێزی پارتیزانەکان،کرایە جێگری فەرماندەی کەرت و لەڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداشدا بە فەرماندەیی عوسمان سێدەری ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیی جێبەجێ کرد. لەو ماوەیەدا رەتڵی پارتیزانەکانی سورداش بە فەرماندەیی عوسمان سێدەری گەیشتە چیای پیرەمەگرون و لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکەی غەریب هەڵەدنی ئاڵوگۆڕی کرد. لە سۆنگەی راگواستنی گوندەکانی ناوچەکەوە ژیانی پارتیزانی لە ناوچەکە زۆر سەخت بوو.

لە شەوی ٢٧لەسەر ٢٨ی کانونی دووەمی ١٩٩١ رەتڵەکە لە نزیك گوندی چۆڵکراوی لۆتەر لە ناوچەی مەرگە کەوتە بۆسەیەکی هێزەکانی عیراقەوەو لە ئاکامدا یاخیانی شەهید بوو و دوو پێشمەرگەش بریندار بون. بەهۆی بۆسەکەوە، پێشمەرگەکان لێك دابران و بون بە چوار گروپ، گروپێکیان بەرەو گوندی چۆڵکراوی بێترخێ کشایەوە، گروپێك بەرەو چیای پیرەمەگرون رۆیی، گروپێك لەگوندی چۆڵکراوی یاخیان گیرسایەوە، گروپێك روی لە چیای ئاسۆس کردو گروپێکیش بەرەو گوندی چۆڵکراوی چنارنە پاشەکشەی کردو لەوێوە بەرەو یاخیان چوو.

دوای دە رۆژ گروپە پەراگەندەکان لەشوێنێکی دیاریکراودا یەکیان گرتەوە.

ناوی پێشمەرگەکانی رەتڵی سورداش بە فەرماندەیی عوسمان سێدەری: فەرماندەی کەرت عوسمان سێدەری، جێگری فەرماندەی کەرت رزگار یاخیانی، رابەری سیاسی رزگار سورداشی، فەرماندەی مەفرەزە ساڵح شارستێنی، زرار شارستێنی، تەها جۆبلاخی، زاهیر بچکۆڵ، محەمەد قەڵاچوالانی، قادر شارباژێری، تالیب چالاوایی، هێمن چنارنەیی، عوسمان محەمەد، رەسول هەڵەدنی، هێمن سەراوی.

## روانگە و رەخنە (گۆڤار)

گۆڤارێکی فیکریی لێکۆڵینەوەی رەخنەوانییە، کۆمەڵەی توێژینەوەی رۆشنگەری لە سلێمانی دەری کردووە، ئامانجەکەی بڵاوکردنەوەی کەلتوری سکولاریزم و مۆدێرنێتەو تازەگەری بووەو هەوڵیداوە دەرگاکان لەبەردەم دایەلۆگ و رۆشنگەری و پەسندکردنی رەخنەدا واڵا بکات. ئەمەش لە دروشمەکەیدا کە لە سێ وشەکەی «نوێگەری» و «دایەلۆگ» و «عەلمانیەت» پێکهاتووە، بە شێوەیەکی چڕ گوزارشتی لێ کراوە.

گۆڤارەکە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەسەر نیە، بەڵکو بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن




کۆمەڵەی توێژینەوەی ڕۆشنگەرییەوە دەرچووەو هەر ئەم کۆمەڵەیەش خاوەنی ئیمتیازی بووە. کۆمەڵەکە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی بە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانەوە هەبووە و لەلایەن ئەو مەکتەبەوە ئاراستەو پشتگیری کراوەو بودجەی گۆڤارەکەی بۆ دابین کراوە، لەم سەروبەندەشدا بارەگای گۆڤارەکە لە ناو بینای مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا بووە. بەشێکی زۆری ئەو نوسەرانەی کە بابەتیان لە گۆڤارەکەدا بڵاو کردۆتەوە، کادیری ڕۆشنبیرو پێشکەوتووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بون. تەنانەت دووەمین سەرنوسەری گۆڤارەکە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و کادیری پێشکەوتوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. ئەو نوسەرانەش کە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوەو ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەبون، زۆر فاکتەری هاوبەشیان لەگەڵ بیرو فەلسەفەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبووە.

لە خۆناساندندا، گۆڤارەکە لە سەروتاری یەکەم ژمارەیدا، ڕێك و ڕاشکاوانە، بەمجۆرە تیشکی خستۆتە سەر پەیامەکەی «لە ئێستاوە دەمانەوێ هەموو کەسێك بزانێ کە گۆڤاری «ڕوانگەو ڕەخنە» تەرخان و تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی بیروڕاکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕەخنەگرتن لەوانەی بەرگری لەو بیروڕایانە دەکەن. با وردتر بیڵێین: گۆڤارەکەمان لە دوو بەش پێکدێ، بەشێکیان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیە لەسەر هەموو ئەو بیروڕایانەی پەیوەندییان بە قۆناغی مۆدێرنێتەو بنچینەکانی چەمکەکانی ڕۆشنگەرییەوە هەیە، بۆ پاراستنی ئەبستمۆلۆژی و فەلسەفە دانراوەکان لە کاریگەرییە سەلەفییەکانی ئیسلامگەرایی سەدەکانی ناوەڕاست. بەشەکەی دیکەشیان ڕەخنەگرتنە لە سەرجەم ئەو بیروڕاو ئاراستە فەلسەفی و کەلتورییانەی کە ئیسلامگەرایی سەلەفی دەژێننەوەو هەژمونگەریی بیروڕاکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەپارێزن».

لە بابەتە بڵاوکراوەکاندا بانگەشەیەکی ڕون و ڕاشکاو بۆ دیموکراسی و فرەیی فیکری و ڕۆشنگەری و بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی و کەلتوری لێبوردەیی کراوەو بە دیاریکراوی، شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ هەندێ بابەتی وەك تێکەڵ کردنی ئاین و دەوڵەت، توندوتیژیی دژ بە ژنان، ئاراستە تۆتالیتارییەکان و قۆرخ کردنی ڕاستی پێشکەش کراوە. لە بابەتەکاندا بایەخی تایبەت بە هەندێ بیرمەندی گەورەی ناوچەکە دراوە کە لە توێژینەوەکانیاندا تێڕوانینی ئەقلانی و پێشکەوتنخوازانەیان پێشکەش کردووە لەوانە نەسر حامد ئەبوزێد، بورهان غلیۆن، محەمەد ئارگۆن و هی تر، سەرباری هەوڵدان بۆ کردنی دایەلۆگ بە بنەمایەکی پتەو بۆ لێك تێگەیشتن، وەك ئەوەی لە تەوەری ژمارەی سێیەمدا دەردەکەوێ کە تایبەت بووە

به بابەتی «ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی» و چەند نوسەرو شارەزایەك بەشدارییان تێدا کردووە لەوانە جەمال حسێن، دکتۆر سەباح بەرزنجی، عەبدولکەریم فەتاح و مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی.

گۆڤارەکە ١٠ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە ئەیلولی ٢٠٠٠و ژمارە ١٠ کە دوایین ژمارەیە لە بەهاری ٢٠٠٥ دەرچووە. لەو دە ژمارەیە، ژمارە ٤-٥ ژمارەیەکی دوانەییە.

گۆڤارەکە دوو سەرنوسەری هەبوە. یەکەمیان، هاوژین مەلا ئەمین، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٢، لە یەکەم ژمارەوە تا ژمارە ٦ سەرنوسەر بووەو دووەمیان، جەمال حسێن، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٥، لە ژمارەی حەوتەمەوە تا ژمارەی دەیەم ئەرکی سەرنوسەری گۆڤارەکەی لە ئەستۆدا بووە.

یەکەم دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە لە جەمال حسێن، مەریوان هەڵەبجەیی، ئارام قەرەداغی و عوسمان فەتاح پێك هاتووە. لە ژمارە ٢دا لە چوار ئەندامەکەی دەستەی نوسەران تەنها جەمال حسێن و ئارام قەرەداغی ماون. بەڵام لە ژمارە ٣ دا دەستەی نوسەران دیسان گەڕاوەتەوە سەر ستافی چوارکەسی، ئەویش بە زیادکردنی راسان موختار و عومەر سەرگەتی. لە ژمارە ٤-٥ دا پۆستی سکرتێری نوسین داهاتووەو ئارام تەها کراوە بە سکرتێری نوسینی گۆڤارەکە، لە هەمان کاتدا دەستکاریی دەستەی نوسەران کراوە، لە دەستەی پێشوو راسان موختار و عومەر سەرگەتی هێڵدراونەتەوەو ئەرسەلان ئەحمەدیشی بۆ زیاد کراوە. لە ژمارە ٦ دا راسان موختار لە دەستەی نوسەران نەماوە. لە ژمارە ٧ دا پۆستی سکرتێری نوسین هەڵوەشێنراوەتەوەو عومەر سەرگەتی و ئەرسەلان ئەحمەد لە دەستەی نوسەران نەماون، راسان موختار گەڕاوەتەوە بۆ دەستەکەو عەلی کوردستانیشی بۆ زیاد کراوە. لە ژمارە ٩دا دەستەی نوسەران تەنها لە راسان موختار پێکهاتووەو لە ژمارە ١٠دا دەستەیەکی نوسەرانی تازە لە ئومێد قەرەداغی، کارا فاتیح، بەهمەن تاهیر نەریمان و عەلی مستەفا کەریم پێك هێنراوە. ئەم دەستەی نوسەرانە دوایین دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە بوو.

گۆڤارەکە لە ژمارەی یەکەمدا بە قەبارەی ١٦ بە ٢٤ سم دەرچووەو لە ژمارە ١٠ دا کە دوایین ژمارەیە بە قەبارەی ١٦ بە ٢٢,٥سم. ژمارەکانی نێوانیان قەبارەیان لەم دوو قەبارەیەوە نزیکە. ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی لاپەڕەکانی کەوتۆتە نێوان ١٥٨ لاپەڕە وەك لە ژمارە ١ دا دەردەکەوێ و ٣٦٨ لاپەڕە وەك ئەوەی لە ژمارە ١٠ دا دەبینرێ. گۆڤارەکە بە تیراژی ٥٠٠ دانە دەرچووەو لە چاپخانەکانی رەنج و داناز چاپ کراوە. دیزاینێکی باشی هەیەو لە بەرگدا رەنگ و هونەری شێوەکار بەکار هێنراوە.

هەرچەند گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی وەرزی خۆی ناساندووە، بەڵام هەرگیز نەتوانراوە وەرزاو وەرز، لە ساڵێکدا چوار ژمارەی لێ دەربکرێ، بۆیە گۆڤارەکە هەر ئەوەندە فریا کەوتووە کە لە ماوەی پێنج ساڵ و نیودا ١٠ ژمارەی لێ دەرچێ کە یەکێکیان ژمارەیەکی دوانەییە، تەنانەت لە ژمارەکانی کۆتاییدا بۆتە ساڵانە. بەپێی ساڵەکان، لە ساڵی ٢٠٠٠دا دوو ژمارە، لە ساڵی ٢٠٠١دا سێ ژمارە کە یەکێکیان دوانەییە، لە ساڵی ٢٠٠٢دا دوو ژمارە، لە ساڵی ٢٠٠٣دا یەك ژمارە، لە ساڵی ٢٠٠٤ دا یەك ژمارەو لە ساڵی ٢٠٠٥ دا یەك ژمارەی لێ دەرچووە. لە دیکۆمێنت کردنی مێژودا، سیستمی مانگ و وەرز بەکار هێنراوە. لە بەراییدا، لە ژمارەی یەکەمدا، مانگ و ساڵی دەرچون دیاری کراون. لە ژمارە ٢ بە


دواوە واز لەو سیستمە هێنراوەو وەرزو ساڵەکە دیاری کراون.

ژمارەیەکی زۆر نوسەرو تۆژەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە سەلام سەعدی، سالار فەتاح، شوان محەمەد مەحمود، جەمال حسێن، کامەران عەبدوڵڵا، عوسمان حەسەن شاکر، فەرەیدون پێنجوێنی، نەزەند بەگیخانی، ئارام قەرەداغی، عومەر سەرگەتی، جیهانگیر شەمێرانی، دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، ڕێبین ئەحمەد هەردی، سەروەر ئەحمەد، راسان موختار، ئاوات عەبدوڵڵا گەلاڵەیی، هاوژین مەلا ئەمین، نەجم عەبدوڵڵا، ڕەنج جەعفەر ئەحمەد، سەروەر عەبدولڕەحمان، ئەرسەلان ئەحمەد، ئومێد قەرەداغی، عەلی کوردستانی، سەربەست جیهاد، ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، عەلی مستەفا کەریم، پەروا عەلی، مەریوان هەڵەبجەیی.

هەرچەند گۆڤارەکە لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕاگیرا، بەڵام پاش پێنج ساڵ بە شێوەیەکی جیاواز درێژەی بە پەیامەکەی خۆی دا، کاتێك ڕۆژنامەی «چاودێر» لە ساڵی ٢٠١٠دا پاشکۆیەکی بە ناوی «ڕوانگەو ڕەخنە» وە دەرکرد کە زۆرتر بۆ تاوتوێ کردنی بابەتەکانی ئیسلامی سیاسی و ئایینناسی و هزر تەرخان کرابوو و بەهمەن تاهیر نەریمان سەرپەرشتیاری بوو. ئەم پاشکۆیە بە درێژایی ٨ ساڵ ٣٨٣ ژمارەی لێ دەرچووەو لە ساڵی ٢٠١٨دا لەگەڵ وەستانی ڕۆژنامەی «چاودێر»دا، ئەویش لە کار کەوت و ژمارەی تری لێ دەرنەچوو.

## ڕوانگەی جیهان (گۆڤار)

گۆڤارێکە مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە. خاوەن ئیمتیازەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵحە، سەرنوسەرەکەی


ڕوانگەی جهان 1

هەڵبژاردە لە ڕاپۆرتەکانی سیاسەتی جهانی

ژمارە ١ ساڵی یەکەم تشرینی دوەمی ١٩٩٢

لەم ژمارەیەدا:

ڕەوتی گۆڕانی مێژوی ئەنقەرە .

چارەنوسی کورد .

ناردنی چەکی ئەمریکایی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

ستراتیژی بەردەم ئایندەی عراق .

عراق لە دە ساڵی ئایندەدا .

ئاژاوەی ناو ئاسیای ڕۆژئاواو بەربەرەکانێی نێوان ئێران و تورکیا .

دور القوة الجوية في حرب الخليج .

لماذا غزا صدام حسين الكويت ؟

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ی. ن. ك دەری دەکات

دارۆ شێخ نورییەو جێگری سەرنوسەر فەرید ئەسەسەردە. تەنها چوار ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە ١ لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣ دەرچووە، ژمارە ٢ لەنیسانی ١٩٩٤، ژمارە ٣ لە ئەیلولی ١٩٩٤و ژمارە ٤ لەئایاری ١٩٩٥.

گۆڤارەکە لەسەر بەرگ بە شێوەی «هەڵبژاردە لەڕاپۆرتەکانی سیاسەتی جیهانی» خۆی ناساندووەو لەسەروتاری یەکەم ژمارەدا بەمجۆرە باسی ئەرکی گۆڤارەکە کراوە «ئەم گۆڤارە بەئەرکی خۆی دەزانێ کە هەوڵ بدات باری سەرنجی کۆمەڵی دەولی بەدروستکەرانی بڕیاری سیاسیی کوردو کادیرە پێشکەوتووەکان و لێپرساوە گەورەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بناسێنێ... ئەم گۆڤارە گۆڤاری دروستکەرانی بڕیاری سیاسییەو هەوڵ دەدا هەموو ئەو کەرەستە سیاسی و ئابووری و سەربازی

و ئەمنی و ڕۆژنامەگەرییانەیان بخاتە بەر دەست کە بەرچاو روون دەکەن و ڕاستەوخۆ لە هەڵوێستی سیاسی و سەرنجی کۆمەڵی دەولییان ئاگادار دەکەنەوە».

چەردەیەك توێژینەوەو ڕاپۆرتی شیکار سەبارەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی و کوردی و لە دوتوێی گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە. لێپرسراوی بەشی وەرگێڕانی گۆڤارەکە غالب محەمەد، لێپرسراوی بەشی هونەری و سەرپەرشتیاری چاپیش ڕەفعەت محەمەد یاسین. هەموو ژمارەکانیش لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر چاپ کراون.

ئەو وەرگێڕانەی کە بابەتی وەرگێڕدراویان تێدا بڵاو کردۆتەوە ئەمانەن: غالب محەمەد، ئەسعەد گۆزێ، حەسەن مستەفا، شێرزاد حەسەن، بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا، فازڵ سەعید، دکتۆر عەبدولقادر فەرهادی، دڵشاد هەورامی و کەمال ڕەشید شەریف.

پاشکۆ

**سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕوانگەی جیهان**

ئەرکی ئەم گۆڤارە ئەرکێکی ئاسایی نیە چونکە هەوڵدان بۆ ناساندنی باری سەرنجی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و ڕای گشتیی جیهان ئەرکێکی دژوارە.

هیچ بڕیارێکی سیاسی بەبێ لەبەرچاو گرتنی باری ناوخۆو باری نێودەوڵەتی و ڕای گشتیی جیهان نادرێ. میکانیزمی بڕیاری سیاسی پشت بە چەند فاکتەرێك دەبەستێ کە هەڵەکردن لە هەڵسەنگاندنی هەر یەکێکیاندا بڕیارەکە بەرەو هەڵدێر دەبا. لە سۆنگەی ئەمەوە، بڕیاری سیاسی زادەی هەڵسەنگاندنی باری ناوخۆیی و دەرەکی، خۆیی و بابەتی، ئێستاو ئایندەیە. دروستکەری بڕیاری سیاسیش بەبێ سەردەرکردن لە فاکتەرە دەرەکییەکان ناتوانێ بڕیاری ڕاست و پتەو بدات.

ئەم گۆڤارە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە هەوڵ بدات باری سەرنجی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بە دروستکەرانی بڕیاری سیاسیی کورد و کادیرە پێشکەوتووەکان و لێپرسراوە گەورەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بناسێنێ. دیارە ئەم باری سەرنجەش بە شێوەی ڕاپۆرتی سیاسی و ڕۆژنامەگەری، ئاخافتنی لێپرسراوان، توێژینەوەکانی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ئاسایشی نەتەوەیی، بڵاوکراوەکانی وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و هی تر دەردەکەوێ.

لەم ڕوانگەیەوە ئەم گۆڤارە گۆڤاری دروستکەرانی بڕیاری سیاسییە و هەوڵ دەدا هەموو ئەو کەرەستە سیاسی و ئابوری و سەربازی و ئەمنی و ڕۆژنامەگەرییانەیان بخاتە بەر دەست کە بەرچاو ڕۆشن دەکەنەوە و ڕاستەوخۆ لە هەڵوێستی سیاسی و باری سەرنجی کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئاگاداریان دەکەنەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری «ڕوانگەی جیهان»، ژمارە ۱، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەمی ۱۹۹۳.

## ڕۆبەرت دویچ (پڕۆژە)

پڕۆژەیەکە ڕۆبەرت دویچ، سەرۆکی بەشی باکوری کەنداو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو ڕاسپێردراو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ۱۹۹۵ پێشکەش بە هەردوو حزبی کردووە.

لە ۲۹ی ئەیلولی ۱۹۹۵دا، دوا بە دوای کۆتایی

هاتنی وتووێژەکانی دبلن لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەبێ گەیشتن بە ڕێککەوتن، ڕۆبەرت دویچ ناوبژیوانی ڕاسپێردراو و سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکانی درۆگیدا و دبلن، بە یاوەریی سوزانا پۆند راوێژکاری سیاسیی هێزی هاوپەیمانان و سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئەنکەرە، گەیشتە کوردستان و پەیوەندیی بە هەردوو حزبەوە کرد. لە ٣٠ی ئەیلولدا شاندەکەی ئەمریکا سەردانی هەولێری کردو لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر یەك لە کۆسرەت رەسول عەلی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەبار فەرمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەزیری ناوخۆ، ئەرسەلان بایز ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر، محەمەد تۆفیق رەحیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەزیری یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاری، بەهرۆز گەلاڵی ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی و هێرۆ ابراهیم ئەحمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان تاوتوێی پرۆسەی ئاشتیی کرد. لە چاوپێکەوتنەکەدا دویچ بە لەبەرچاوگرتنی گفتوگۆکانی نێوان دوو حزبە ناکۆکە لە دبلن، پرۆژەیەکی ئاشتیی شەش خاڵیی پێشکەش بە نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کرد کە پێشتر پێشکەش بە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کردبوو، بۆچونەکانی خۆی سەبارەت بە شێوەی یەکلاکردنەوەی ململانێکەو گێڕانەوەی ئاشتی بۆ کوردستان تێدا داڕشتبوو.

خاڵی یەکەمی پرۆژەکە تایبەت بوو بە چەکداماڵینی شاری هەولێر. بەپێی خاڵەکە دەبوایە هیچ هێزێك لە ناو هەولێر نەمێنێ. خاڵەکە شێوەی پاراستنی بارەگاکان و ژمارەی پاسەوانەکان و شوێنی کۆکردنەوەی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکراتی بە دوریی ٢٠-٢٥ کیلۆمەتر لە هەولێرەوەو ڕێگای هاتوچۆی هەردولای بۆ هەولێر دیاری کردو ئەرکی دابین کردنی ئاسایشی هەولێری بەکۆمیسیۆنێکی بێلایەن سپارد.

خاڵی دووەم ڕێکخستنەوەی داهاتی هەموو گومرگەکانی بە گومرگی ابراهیم خەلیلەوە چارەسەر کردووە، بە جۆرێك کەپاش چەکداماڵینی هەولێر بە ٤٨ سەعات داهاتی گومرگەکان بە سەرپەرشتیی کۆمیسیۆنە بێلایەنەکە دەخرێتە حیسابی حکومەتی هەرێمەوە.

خاڵی سێیەم باس لەپێکهێنانی کابینەیەکی نوێ دەکاو وای داناوە کە ٤٨ سەعات پاش چەکداماڵینی هەولێر پەرلەمان کۆ ببێتەوەو کار بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی بنکە فراوانی نوێ لە ماوەی سێ هەفتەدا بکا. هەروەها تێیدا باس لەوە کراوە کەموڵك و ئوتومبیلی دەست بەسەرداگیراوی هاوولاتییان دەبێ بۆیان بگەڕێتەوە یان قەرەبوو بکرێنەوە.

خاڵی چوارەم بۆ وردەکاریی کۆمیسیۆنی بێلایەن تەرخان کراوەو تێیدا چۆنێتیی پێکهێنانی کۆمیسیۆنەکەو دەسەلاتەکانیو شێوەی کارکردنی دیاری کراوە.

لە خاڵی پێنجەمدا بەرپرسیارێتیی حزبەکان بەرامبەر بە کۆمیسیۆنی بێلایەن دیاری کراوە.

خاڵی شەشەم تایبەتە بەپێداویستییە ئەمنییەکانی تورکیا و تێیدا بەمجۆرە گوزارشت لەو پێداویستییانە کراوە کەدەبێ یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات دان بەتیرۆریستبونی پەکەکەدا بنێن و ئەوە بسەلمێنن کەگەریلاکانی پەکەکە بەوەی کە لە «باکوری عێراق» جێگیر بون، بونەتە مایەی نائارامیی ناوچەکەو دروستبونی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی تورکیا. خاڵەکە بە ناوەڕۆك وای داناوە کەدەبێ یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات ڕۆڵیان لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی تورکیادا هەبێ.

به لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە تەنها خاڵی شەشەمی پڕۆژەکە مایەی پەسندکردن نەبوو. حزب جگە لەوەی کە ناوەڕۆکەکەی بە دڵ نەبوو، بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژەشی بەلاوە گونجاو نەبوو، بۆیە داوای کرد دەستەواژەی «حکومەتی هەرێم» لەباتی دەستەواژەی «دەسەڵاتی ناوچەیی» و دەستەواژەی «هەرێمی کوردستان» لەباتی دەستەواژەی «باکوری عیراق» بەکار بهێنرێ، هەروەك نەشیدەویست خۆی بە دابین کردنی ئاسایشی تورکیاو بەرپەرچدانەوەی پەکەکە پابەند بکات.

لە ٢٤ی ئەیلولی ١٩٩٥ دا نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق لە وتارێکدا دەربارەی دانوستانەکانی درۆگیداو دبلن کە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە، وتی دەبوایە لەو گۆشە نیگایەوە سەیری دانوستانەکە بکرێ کە ئامانجی سەرەکی لێی دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ کێشەی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات نەك «باسی ئاسایشی تورکیا» و وای دەربڕی کە ئاشت کردنەوەی هەردوو حزب و گێڕانەوەی ئارامی بۆ کوردستان «لە پێش هەموو شتێکی ترەوە دێ»و دواتر نۆرەی باسکردنی بابەتەکانی تر دێ «لەوانە ئاسایشی دراوسێکان». هەروەها رەخنەی لەوە گرت کە ناوبژیوانانی تورك نەیانتوانی ببن بە «یارمەتیدەر» بەڵکو بونە کۆسپێکی تری رێگای لە یەك گەیشتنی پارتی و یەکێتی».

لە راستیدا مەسەلەی دابین کردنی پێداویستییە ئەمنییەکانی تورکیا بە لای تورکەکانەوە مەسەلەیەکی فرە هەستیار بوو و نەیاندەتوانی چاوپۆشیی لێ بکەن. لەم کەیسەدا هەم ئەمریکا هەم بریتانیا زۆر بە رونی پشتیوانییان لە تورکیا دەکرد. یەکێتیی نیشتمانی هیچ نەرمییەکی لەم بارەیەوە نیشان نەداو رازی نەبوو پەکەکە بە تیرۆریست بناسێ. ئەمریکییەکان و بریتانییەکان و تورکەکان گفتیان دا کە ئەگەر یەکێتیی نیشتمانی پشتگیری لە پێداویستییە ئەمنییەکانی تورکیا بکا، پشکێکی گەورەی داهاتی گومرگی برایم خەلیلی بۆ دابین دەکەن و لەم سەروبەندەدا خاڵێکی گومرگ لە سلۆپی دادەنێن و لەوێ داهاتەکەی بەش دەکەن. دیارە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی تا ئەو کاتە پەی بە هەستیاریی پێداویستییە ئەمنییەکانی تورکیا نەدەبردو ئەم مەسەلەیەی زۆر بە هەند وەرنەگرتبوو، لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان دەمێك بوو ئەم پرسەی یەکلا کردبۆوەو تێڕوانینێکی جیاوازی لە تێڕوانینی تورك نەبوو. ئەمەش لە کۆتاییدا زۆر گران لەسەر یەکێتیی نیشتمانی کەوت و زیانی گەورەی پێ گەیاند. بەڵام هەر چۆنێك بێ، یەکێتیی نیشتمانی لە کۆتاییدا، لە ساڵی ١٩٩٨ دا لە رێککەوتننامەی واشنتۆن ملی ناو بە ناچارییەوە لە دیباجەی رێککەوتنەکەدا پێداویستییە ئەمنییەکانی تورکیای سەلماند.

لە٣١ی ئەیلولدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە پڕۆژەکە راگەیاند و رونی کردەوە کە پاش و پێش کردنی خاڵەکانی پڕۆژەکە لەگەڵ زنجیرەی باسەکانی وتووێژی درۆگیدا ناگونجێ. لە مەسەلەی چەکداماڵینی هەولێردا، پارتی داوای کرد جگە لە دەرچونی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و گومرگیش لە هەولێر نەمێنن. سەبارەت بە شوێنی کۆکردنەوەی هێزەکان، پارتی دەیویست هێزەکانی زۆرتر لە هەولێرەوە نزیك بن و رەخنەی لەوە گرت کەڕێگای کەسنەزانی بۆ هاتوچۆ بۆ دیاری کراوە نەك رێگای هەولێر- شاوەیس. سەبارەت بە مەسەلەی کۆکردنەوەی داهاتی گومرگەکانیش، پارتی دژی ئەوە بوو بەڕێوەبردنی گومرگی برایم خەلیل بە کۆمیسیۆنی بێلایەن

بسپێردرێ‌و نەشیدەویست فەرمانبەرانی حکومەت داهاتی گومرگەکە کۆ بکەنەوەو لە بانکەکانی هەولێرو سلێمانی‌و دهۆك داینێن. هەروەها بەوەش رازی نەبوو کەپێش ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری سلێمانی هاتوچۆی هاوولاتییان بە دەروازەی برایم خەلیلدا ئازاد بکات. سەبارەت بە خاڵی شەشەمی پڕۆژەکە، پارتی هیچ تێبینییەکی نەبوو.

پڕۆژەکەی رۆبەرت دویچ هیچ ئامانجێکی خوازراوی لێ نەکەوتەوەو کوردستان هەر لە گێژەنگی شەڕی ناوخۆدا مایەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* درۆگیدا (رێککەوتنی پرنسیپە سەرەتاییەکان).
* دبلن (وتووێژی ئاشتی).
* واشنتۆن (رێککەوتنامە).

## رۆژی شەهیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

رۆژی فەرمیی یادکردنەوەی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ماوەیەکی زۆر بوو بیر لەوە دەکرایەوە کە رۆژێك بۆ شەهیدانی حزب دیاری بکرێ کە ببێ بە رۆژی فەرمیی شەهیدی حزب، وەك رێزلێنانێك لە یاد و مێرخاسی و رۆڵی شەهیدان. ئەم بابەتە لە کۆبونەوەی ٢٠ی ئاياری ٢٠١٣ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر تاوتوێ کرا. لە کۆبونەوەکەدا ئەندامانی سەرکردایەتی پێنج شەهیدیان کاندید کرد بۆ ئەوەی رۆژی شەهیدبونی یەکێکیان ببێ بە رۆژی هەموو شەهیدانی حزب. ئەو شەهیدانەی پێشنیار کرا رۆژی شەهیدبونیان بکرێ بە رۆژی شەهیدانی حزب ئەمانەن: فاتیح حەیدەر عارف، شەهاب شێخ نوری شێخ ساڵح، برایم عەزۆ، ئازاد هەورامی و سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی.

-فاتیح حەیدەر عارف یەکەم شەهیدی حزبە لە پارێزگای سلێمانی، لە ١٣ ی ئەیلولی ١٩٧٦دا، واتە نزیکەی سێ مانگ و نیو پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، لە روبەڕوبونەوەیەکدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق، لە گوندی قاینچەی سەر بە قەزای سەید سادق، شەهید کرا. لە کاتی شەهیدبونیدا تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو. ئەوانەی پێشنیاریان کرد رۆژی شەهیدبونی بکرێ بە رۆژی فەرمیی شەهیدانی حزب، پشت ئەستور بون بەوەی کە فاتیح یەکەم شەهیدی حزبە لە پارێزگای سلێمانی پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و یەکێکیشە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ.

-شەهاب شێخ نوری یەکێ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بە کردەوە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥دا، رۆڵی سکرتێر یان جێگری سکرتێری کۆمەڵەی گێڕاوە. ساڵی ١٩٧٥ لە هەولێکدا بۆ خۆدەربازکردن لە مەترسیی گرتن، لەگەڵ ژمارەیەك سەرکردەی کۆمەڵە چووە ناو خاکی ئێران و لەوێ دەستگیر کرا. لە یەکی کانونی دووەمی ١٩٧٦ دا، لە چوارچێوەی هاوکاریی عیراق- ئێراندا بەپێی رێککەوتننامەی جەزایر، خۆی و هاوڕێکانی رادەستی عیراق کرانەوە. لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦دا لەگەڵ دوو هاوڕێی، لە بەندیخانەی ئەبوغرێب لەسێدارە درا. لە قۆناغێکی دیاریکراوی خەباتی نهێنیدا، رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە. ئەوانەی پشتیوانییان لەوە کردووە کە رۆژی شەهیدبونی بکرێ بە رۆژی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەویان بە سمبولی تێکۆشان داناوە. لە پاڵ ئەم هۆیە، پشت ئەستور بون بە هۆیەکی تریش، ئەویش ئەوەیە کە ئەو لەو رۆژەدا بە تەنها لەسێدارە نەدراوە، بەڵکو لەگەڵ هەر یەك لە جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب

لە سێدارە دراوە. بۆیە، بەو چاوە سەیری مەسەلەکە کراوە کە دەشێ ڕۆژی بەکۆمەڵ لەسێدارەدانیان، هاوئاهەنگتر بێ لەگەڵ ڕۆژی فەرمیی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

-برایم عەزۆ لە پێشمەرگە بەراییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارە. یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی کە بە ٣٧ پێشمەرگەوە، لە سوریاوە، بە ناو خاکی تورکیادا، گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و جارِی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە بادینان داوە، بە رابەرایەتیی ئەو بووە. لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ دا، پاش نزیکەی چوار مانگ و نیو لە گەڕانەوەی بۆ بادینان، خۆی و پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی، بە دەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید کران.

-ئازاد هەورامی ئەندامی هەردوو سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکەم لێپرسراوی مەڵبەندی بادینان بوو. لە ٣٠ ئابی ١٩٨٨ دا لە گوندی کونەکۆتری دۆڵی باڵەیان، لە بۆردومانی فڕۆکەیەکی پیلاتۆز دا بە سەختی بریندار ببوو و ڕۆژی دواتر، لە کاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە، لە ڕێگا گیانی لە دەست دا. لایەنگرانی کردنی ڕۆژی شەهیدبونی بە ڕۆژی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەورامییان بە شایستەی ئەم خەڵاتکردنە زانیوە.

-سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێ بوو، کە لە بۆسەیەکدا لە شەوی ٢٦/٢٥ ی ئایاری ١٩٧٦ لە دۆڵە زەویی بەرامبەر گوندی شێوە ڕەش لە ناوچەی حاجی ئۆمەران شەهید بووە. حاجی ئۆمەرانی و گروپەکەی لە ڕێی عومەر مستەفاوە پەیوەندییان لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دروست کردبوو.

کۆبونەوە بڕیاری دا بابەتەکە بە دەنگدانی ئاشکرا یەکلا بکرێتەوە. لە ئەنجامدا زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەنگیان بەوە دا کە ٢١ی تشرینی دووەم کە ڕۆژی لە سێدارەدانی شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆرابە، بکرێ بە ڕۆژی شەهیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٣ دا ئەنجومەنی ناوەند لە دانیشتنی ژمارە ٤٨ی خولی دووەمدا، ڕێسای ژمارە ٤ی دەرکرد و تێیدا بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پەسند کرد.

## ڕۆستەم ساڵح تۆفیق سلێمان



فەرماندە. ناسراو بە مام ڕۆستەم قولەڕەیسی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی قولەڕەیسی لە نزیک شاری سلێمانی. لە تافی منداڵیدا نەخراوەتە بەر خوێندن بەڵام لە پێشمەرگایەتیدا خۆی فێری خوێندەواری کردووە.

ساڵ ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو پاش دوو ساڵ لە هەرێمی ٤ بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٣ لە کەرتی شەهید سەلاحی موهەندیس لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بۆتە جێگری فەرماندەی مەفرەزەو هەر ئەو ساڵە بۆتە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ تیپی ٢٣ی سورداش و لەوێ بووە جێگری فەرماندەی کەرت.

ساڵی ١٩٨٦ پێش شەڕەکانی قەیوان- ماوەت گوێزرایەوە بۆ تیپی ٣١ سلێمانیو هەر ئەو ساڵە بووە فەرماندەی کەرتی تیپ. لە کۆتایی هەمان ساڵ

گوێزرایەوە بۆ تیپی ٢٧ی تۆکمەو کرایە فەرماندەی کەرتی یەک. لە شالاوی ئەنفالەکاندا بەشدار بوو لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق و بەر لەوەی هێزی پێشمەرگە ناوچەکە بەجێ بێڵێ، بەشدار بوو لە دوا شەڕی تیپەکەی لەگوندی چەمی رەزان لە ئایاری ١٩٨٨. لە پرۆسەی کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، هێزەکەی چووە قەندیل و لەگوندی سورەدێ گیرسایەوەو دوای ٤٠ رۆژ روی کردە قاسمە ڕەش کە لەو سەردەمەدا بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو.

هاوینی ساڵی ١٩٨٩ بەشدار بوو لە خولێکی فەرماندەیی لەگەیلان غەربی ئێران و پاش تەواوکردنی خولەکە وەك فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو گوێزرایەوە بۆ بنکەکانی مەڵبەندی یەك لە ناوچەی دزڵی.

ساڵی ١٩٨٩ چەند جارێك بە پارتیزانی بۆ ناوچەی شلێر دابەزیوەو لەم سەروبەندەشدا بەشدار بووە لە چەند چالاکییەك لە دژی هێزەکانی عیراق. لە ڕەوتی خۆئامادەکردندا بۆ ڕێکخستنی ڕاپەڕین، لە ساڵی ١٩٩٠دا کرایە جێگری فەرماندەی تیپ‌و بەپێی پلانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەرکەکانی سەر شانی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرد.

پاش ڕاپەڕین، لە بەتالیۆنی سورێن وەك سەرتیپ خزمەتی کردوە. ساڵی ١٩٩٢ تیپەکەی بۆ سکرتاریەتی سکرتێری گشتی یەکێتی لە قەڵاچوالان گوێزرایەوەو لەوێ بووە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی پارێزگاریی سکرتاریەت. ساڵی ١٩٩٣ بەتالیۆنەکە کرایە لیوای تایبەت و لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٤ کرایە جێگری فەرماندەی فەوجی یەك. لە ساڵی ١٩٩٤دا گوێزرایەوە بۆ لەشکری یەك و بووە فەرماندەی هێز لەو لەشکرە. هەر ئەو ساڵە دوای پێکهێنانی لەشکری سەگرمە، کرایە جێگری فەرماندەی ئەو لەشکرە. ساڵی ١٩٩٧ بە پلەی جێگری فەرماندەی لەشکر گوێزرایەوە بۆ لەشکری شارباژێرو ساڵی دواتر پاش پێکهێنانی فەرماندەییەکان، لە فەرماندەیی ١ی سکرتاریەت بووە فەرماندەی لەشکری یەکی سکرتاریەت.

لە ساڵی ٢٠٠٢دا لێپرسراوەتیی فەرماندەیی دۆڵەڕوتی پی سپێردراو لە ساڵی ٢٠٠٤دا بووە جێگری فەرماندەی لیوای ٦ی سلێمانی. ساڵی ٢٠١٢ دوای ئەوەی لیواکە بووە یەکەی ١٠٦، بە پلەی لیوا بووە جێگری فەرماندەی ئەو یەکەیە.

## رۆشنبیری (بڵاوکراوە)


رۆشنبیری
ژمارە 5 خولی 2

بڵاوکراوەیەکی خولەکییە، مەکتەبی رۆشنبیریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بۆ ڕێکخستنەکان

دەری کردووە. چوار ژمارەی بەرایی ئەم بڵاوکراوەیە بەناوی «بەرنامەی رۆشنبیری» دەرچون، پاشان لە ژمارە ٥ بەدواوە ناوەکەی بۆ «رۆشنبیری» گۆڕدراوە. قەبارەی نیو فولسکابەو بابەتەکانی بەتایبی دەستی تایپ کراون و بەئامێری فۆتۆ ستێنسل خراونەتە سەر ستێنسل و پاشان بە رۆنیۆ راکێشراون و ژمارەی لاپەڕەکانی لەنێوان ٤-١٢ لاپەڕە بووە.

ئەم بڵاوکراوەیە تایبەت بووە بە کادیرەکان. ژمارەیەکی کەمی لێ چاپ کراوەو تەنها بۆ پلەیەکی تایبەتی رێکخستن بووە. زۆرتر دەنگوباس و راپۆرتە هەواڵی تێدا بڵاوکراوەتەوەو هەندێ هەڵوێستی سیاسیی تێدا رون کراوەتەوە کە بەگونجاو نەزانراوە بۆ هەموو ئاستەکانی رێکخستن دابەزێنرێن. هەندێ جار وتاری کورتی ئایدیۆلۆژیی تێدا بڵاوکراوەتەوە، لەوانە وتارێکی رابەری گەورەی چین ماو تسی تۆنگ دەربارەی لیبرالیزم. هەروەها لە هەندێ ژمارەدا چەند زاراوەیەکی سیاسی و ئابوری شی کراونەتەوەو شرۆڤەیان بۆ کراوە لەوانە زاراوەکانی حزب، ئایدیۆلۆژیا، هەڵاوسان.

ئامانجی بڵاوکراوەکە، وەك لە کاپشنی سەرەوەی دەستە راستی لاپەڕەی یەکەمی بڵاوکراوەکەدا دەردەکەوێ، ئەوە بووە کە«ببێتە چەقێك رێکخستنەکانمان یەك بخات و رێك بخات». لەمەدا دەردەکەوێ کە ئامانجی بڵاوکراوەکە وەدی هێنانی ئاستێکی بەرزی یەکێتیی بیروباوەڕ بووە لەڕیزی ئەندامان و کادیرە پێشکەوتووەکاندا.

بڵاوکراوەکە بە دوو خول دەرچووە. خولی یەکەم بەناوی «بەرنامەی رۆشنبیری» دەرچووەو خولی دووەم بەناوی «رۆشنبیری». ژمارەی یەکەم لەساڵی ١٩٨٤ دەرچووەو لە سورداش چاپ کراوە. ئەم بڵاوکراوەیە لەبەر کەمیی تیراژی و پەخش نەکردنی لەسەر ئاستێکی فراوان، ژمارە دەرکراوەکانی ساغ نەکراونەتەوە، بۆیە رای جیاواز لەم بارەیەوە هەیە. هەندێ وای بۆ دەچن کە ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە، هەندێکی تر پێیان وایە ١٥ ژمارەی لێ دەرچووەو هەروەها هەندێ لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم بڵاوکراوەیە تا ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بووە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان پێیان وایە لە ماوەی ١٩٨٤-١٩٨٥ دەرچووە.

## پاشکۆ

### سەروتاری ژمارە ٥ی بڵاوکراوەی «رۆشنبیری»

دەرکردنی چوار ژمارەی «بەرنامەی رۆشنبیری» گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەبوو و دەورێکی باشی لە پەرەپێدانی جوڵانەوەی رۆشنبیری لەناو ریزەکانی رێکخستندا گێڕا. لەبەر ئەوە بە پێویستمان زانی بەردەوام بین لەسەر ئەم رێڕەوەو لەبەر رۆشنایی بڕیارەکانی کۆنفرەنسی دووەم پەرەی پێ بدەین و بە بابەتی تازە دەوڵەمەندی بکەین، هەروەها بەپێویستمان زانی لەناو ئەم بەرنامەیەدا گۆشەیەك بۆ ئاراستەکردن زیاد بکەین کە تێیدا هەندێ مەسەلەی رۆژ و هەڵوێست و سیاسەتی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەسەر مەسەلە جیاجیاکان رون بکەینەوە لە ژێر سەرپەرشتیی ناوەندا.

هەروەها بەپێویستی دەزانین جگە لەو دوو گۆشە سەرەکییە، بەپێی رەخسانی بار، هەواڵ و دەنگوباس و چالاکیی رێکخستنەکانی تێدا بڵاو بکەینەوە. هەر بۆیە وامان بە چاك زانی ناوی لە «بەرنامەی رۆشنبیری» یەوە بگۆڕین بۆ «رۆشنبیری».

ئیتر بە هیوای سەرکەوتن.

مەکتەبی رۆشنبیریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## روناك محەمەد مستەفا



پێشمەرگە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٥ی گوندی شێخانی سورقاوشانی ناوچەی ئاغجەلەر. ئەگەرچی دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخساوە بخرێتە بەر خوێندن، بەڵام بە هەوڵو رەنجی خۆی توانیویەتی فێری خوێندەواری بێ. لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. فاکتەری یارمەتیدەر بۆ بەئاسایی بەڕێوەچونی ئەم مەسەلەیە، زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوکی ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە.

ساڵی ١٩٧٨ گوندەکەیان راگوێزراو دانیشتوانەکەی ناچار کران لەگوندی عەسکەر نیشتەجێ بن. لەوێ پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا زیاتر پەرەی سەند و لە ماوەی نێوان ١٩٧٨-١٩٨٠دا هەندێ ئەرکی قورسی پێ سپێردرا وەك گەیاندنی دەمانچەو نارنجۆك بە ڕێکخستنەکانی سلێمانیو کەرکوك و لەم روەوە توانی بە یارمەتیی باوکی، ئەم جۆرە ئەرکە قورسانە بەڕێکوپێکی جێبەجێ بکا.


ساڵی ١٩٨٠ هاوسەرگیریی لەگەڵ عەلی بچکۆلی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد. ئەم هاوسەرگیرییە گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر هەموو ژیانیدا هێناو لە ژیانی سەختی ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە بردییە ژیانێکی سەختتر کە ژیانی پێشمەرگایەتییە. لەو ماوەیەدا ژیانی پێشمەرگایەتیی لەگەڵ مێردەکەیدا لە ناوچەی شوان و شێخ بزەینی بەسەر برد. ساڵی ١٩٨١ بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کردو هەر ئەو ساڵە بە هۆی ئەوەی کە دووگیان بوو، بەنهێنی چووە شاری سنە لە ئێران و لەوێ یەکەم کوڕی بوو.

ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ پێکهێنانی مەڵبەندەکانداو سپاردنی لێپرسراوەتیی مەڵبەندی دوو بەعەلی بچکۆل، تا ساڵی ١٩٨٤ لەگوندی سەرگەڵوو گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٤، دوا بەدوای دەستپێکردنی وتوویژ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، ماڵی گواستەوە بۆ گوندی راگوێزراوی شێخان. ساڵی دواتر، بۆردومان کردنی گوندەکە لە لایەن تۆپخانەی سوپای عیراقەوە، کارێکی وای کرد گوندەکە کەڵکی ژیانی تێدا نەمێنێ، بۆیە جارێکی تر گەڕایەوە بۆ گوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافەتیو لەوێ نیشتەجێ بوو.

ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا لە مێردەکەی دابڕاو لەگەڵ دوو کوڕەکەیدا بۆ ماوەی سێ مانگ خۆیان لە سلێمانی شاردەوە. دواتر، بە یارمەتیی ڕێکخستنەکانی ناوشار، بەرەو چیای قەندیل بەڕێ کراو لەوێوە خۆی گەیاندە شاری سەقز لە ئێران و لەگەڵ خێزانەکەیدا دوو ساڵی لەوێ بەسەر برد.

لە ئایاری ١٩٩٠دا لەگەڵ مێردو دوو کوڕەکەی لە ڕێی ئێرانەوە چوو بۆ پاکستان و بۆ ماوەی ٩ ساڵ ژیانێکی دژوارو سەختی وەك ئاوارە بەسەر برد. ساڵی ١٩٩٩ لە ڕێی کۆمیسیۆنی ئاوارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەخێزانەوە وەك پەنابەر لە نیووزیلاند وەرگیرا. ساڵی ٢٠٠٠ وازی لە ژیانی تاراوگە هێناو گەڕایەوە بۆ کوردستان.

## روناكبیری (بڵاوكراوە)




بڵاوكراوەیەكی ناوخۆییە بەشی روناكبیریی مەڵبەندی ڕێكخستنی پێشمەرگە دەری كردووە و ئامانجەكەی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری و روناكبیرییە لە ناو هێزی پێشمەرگەی كوردستان.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٢- ٢٠١٨ دا سەرجەمی ئەو ژمارانەی لەو بڵاوكراوەیە دەرچوون ١٦ ژمارەیە. ژمارەی یەكەم لە ساڵی ٢٠١٢ دەرچووە، لە كاتێكدا ژمارە ١٦ لە ساڵی ٢٠١٨ دەرچووە.

بڵاوكراوەكە بە شێوەی زنجیرە دەرچووە، بۆیە لە دەركردنی ژمارەكاندا پابەند نەبوە بە كاتێكی دیاریكراو. بەم پێیە، هەندێ جار لە ساڵێكدا تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، هەندێ جاریش لە ساڵێكدا سێ ژمارەی لێ دەرچووە وەك لە ساڵەكانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دا دەبینرێ.

بڵاوكراوەكە لە روی بابەتەوە بە دوو شێوە دەرچووە. هەندێ لە ژمارەكان بە جۆرێكن كە سەرتاسەری ژمارەكە تەنها بۆ یەك بابەت تەرخان كراوە، وەك لە یەكەم ژمارەی زنجیرەكەدا دەبینرێ كە سەرتاسەری بۆ یەك بابەت بە ناونیشانی «دیموكراسی لە ژیانی ناوخۆی حزب» تەرخان كراوە، هەروەها وەك ئەوەی لە سێیەم ژمارەدا دەبینرێ كە تێیدا تەنها یەك بابەت بە ناونیشانی «ستراتیج و ئاسایشی نەتەوەیی» بڵاوكراوەتەوە، هەروەها وەك ئەوەی بە هەمان پێودانگ لە ژمارە ٤ دا دەبینرێ كە ئەویش هەموی بۆ یەك بابەت بە ناونیشانی «ناسیۆنالیزم: چەمك و ئاراستە» تەرخان كراوە. ژمارەكانی تر بۆ یەك بابەت تەرخان نەكراون، بەڵكو چەند بابەتێكیان تێدا بڵاوكراوەتەوە.

بڵاوكراوەكە هیچ زانیارییەكی لەسەر سەرنوسەر، سەرپەرشتیار، دەستەی نوسەران تێدا بڵاو نەكراوەتەوە و تەنها لەسەر ئەوە گیرساوەتەوە كە بەشی روناكبیریی مەڵبەندی ڕێكخستنی پێشمەرگە دەری دەكات. بەڵام ئەوەی كە لەم بارەیەوە زانراوە ئەوەیە كە زنجیرەكە لە یەكەم ژمارەوە تا ژمارەی پانزەهەم كە لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٢- ٢٠١٧ دەرچووە، سەلاح رەنجدەر سەرپەرشتیی كردووە و لە ژمارەی شانزەهەمەوە كە لە ساڵی ٢٠١٨ دەرچووە شێرزاد رەنجەڕۆ ئەركی دەركردنی لە ئەستۆ گرتووە.

لە دیاریكردنی كاتی دەرچوندا، پەیڕەوی لە سیستمی مانگ و وەرز نەكراوە، بەڵكو تەنها ساڵی دەرچونی هەر ژمارەیەك دیاری كراوە. بۆیە ئەو ژمارانەی كە لە یەك ساڵدا دەرچون، مانگ یان وەرزی دەرچونیان دیار نیە.

قەبارەی ژمارەكان یەكسان نیە. زۆربەی بە قەبارەی ١٧ بە ٢٣،٥ سم دەرچووە و هەندێكی بە قەبارەی نەختێك لەمە بچوكتر، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨دا

بڵاوكراوەكە بە قەبارەی ١٤ بە ٢٠ سم دەرچووە. ئەم قەبارەیەش لە قەبارەی هەموو ژمارەكانی پێشوو بچوكترە.

هەموو ژمارەكانی زنجیرەكە لە چاپخانەی روناكبیریی مەڵبەندی رێكخستنی پێشمەرگە چاپ كراون. تیراژی چاپی بڵاوكراوەكە لە ژمارەیەكەوە بۆ ژمارەیەكی تر جیاوازە. لە سەرەتادا ٥٠٠ دانەی لێ چاپ كراوە، بەڵام تیراژەكە بەرە بەرە زیاد كراوە تا گەیشتۆتە ١٢٠٠ دانە. چەندی لێ چاپ كراوە، هەموی بەسەر كادیرەكان و كۆمیتەكاندا دابەش كراوە.

هەروەها ژمارەی لاپەڕەكانی بڵاوكراوەكە لە ژمارەیەكەوە بۆ ژمارەیەكی تر جیاوازە. ژمارە بەراییەكان دەوروبەری ٤٠ لاپەڕەن، لە كاتێكدا هەندێ ژمارە لە دوتوێی دەوروبەری ٩٠ لاپەڕە دەرچووە و ژمارە ١٦ كە دوایین ژمارەی ساڵی ٢٠١٨ بووە، ٢٤ لاپەڕەیە.

بابەتە بڵاوكراوەكان چەند بوارێكیان گرتۆتەوە كە زۆربەیان پەیوەندییان بە كاروباری عەسكەرییەوە هەیە لەوانە بابەتەكانی ستراتیجی سوپایی، ئاسایشی نەتەوەیی، سەردەمی پێشمەرگایەتی و پارتیزانی، خۆپڕچەك كردن، یاساكانی سەربازی، چەكی كۆكوژ، پلە سەربازییەكان. بە تەنیشت ئەو بابەتانەوە، بابەتی تر بڵاوكراوەتەوە كە روخساری رۆشنبیریی گشتی و هۆشیاركردنەوە بەسەریاندا زاڵە وەك بابەتەكانی مافی چارەی خۆنوسین، ناسیۆنالیزم، سیستمە سیاسییەكان، كاروباری دیموكراسی و بابەتی دیكە.

ژمارەیەك نوسەر و لێكۆڵیار و رۆشنبیرو مامۆستای زانكۆ بابەتیان تێدا بڵاوكردۆتەوە لەوانە محەمەد فاتیح، هیوا عەبدوڵڵا ئەحمەد، مستەفا چاوڕەش، فەرید ئەسەسەرد، رەهبەر سەید برایم، بەختیار محەمەد سدیق، سەفین جەلال فەتحوڵڵا، رێكەوت ئیسماعیل، دكتۆر عابد خالید رەسول، كۆچەر عەبدوڵڵا، شەمسەددین عەزیز زێباری، سەلاح رەنجدەر، نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا، محەمەد مەجید عەسكەری، خەلیل عەبدوڵڵا، هەڵگورد جەلال، دكتۆر جەزا تۆفیق تالیب.

## رەئوف ئاكرەیی*



رۆشنبیر و سیاسەتمەدار. ناوی تەواوی رەئوف كامیل رەئوف. لەدایكبوی ساڵی ١٩٥١ی شاری ئاكرێ. لە بنەماڵەیەكی نیشتمانپەروەری ناوچەكەیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە ئاكرێ تەواو كردووەو ئامادەیی لە موسڵ. دەرچوی كۆلیجی كارگێڕی و ئابوریی زانكۆی موسڵە.

ژیانی سیاسیی بە پەیوەندی كردن بە یەكێتیی قوتابیانی كوردستانەوە دەستی پێ كردووە. لەم رووەوە لە ناو ئەم رێكخراوە خوێندكارییەدا بە خێرایی چۆتە پێش و بەشداریی لە هەردوو كۆنگرەی شەشەم و حەوتەمدا كردووە. لە كۆنگرەی حەوتەمدا بە ئەندامی دەستەی كارگێڕی گشتیی یەكێتیی قوتابیان هەڵبژێردراوە.

زوو بە لای بیروباوەڕی پێشكەوتنخوازانەدا دایشكاندووە. ساڵی ١٩٧٣ لە كاتی بەشداریی لە كۆنگرەی لاوانی جیهان لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات، ئاشنایی لەگەڵ شاسوار جەلال پەیدا كرد كە لەو كاتەدا كادیرێكی پێشكەوتوی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان بوو.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێكردنەوەی شەڕ لە نێوان كوردو حكومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە كرد


بەڵام بە هۆی بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازییەکانییەوە هەندێ کێشەی لە ناو شۆڕشدا بۆ دروست بوو. لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەکی کەم پێش هەرەس هێنانی شۆڕش، بۆ ناوچەی هەڵەبجە دور خرایەوەو چاودێریی خرایە سەر.

ساڵی ١٩٧٥ بەهۆی هەرەس هێنانی شۆڕشەوە ئاوارەی ئێران بوو. ماوەیەك لە نەغەدە مایەوەو پاشان ئێرانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ ئاکرێ. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ئاشنایی لەگەڵ کۆسرەت رەسول عەلیی ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا پەیدا کردو لە رێی ئەوەوە رایەڵەیەکی پتەوی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەراندا دروست کرد.

ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هەر یەك لە کۆسرەت رەسول عەلی، شوان عەلی، محەمەد خورشیدو لەتیف عومەر مستەفا، بەشدار بوو لە دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان. لەو ماوەیەدا تێکەڵیی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەراندا گەیشتە رادەی سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی کۆمەڵەو یەکێتیی خوێندکاران لە پارێزگای دهۆك. هەر لەو ساڵەشدا ئەڵقەیەکی رۆشنبیریی لەگەڵ چەند رۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕدا دروست کردو کەوتە بیرکردنەوە لە پێکهێنانی رێکخراوێکی مارکسیستی شۆڕشگێڕ.

ساڵی ١٩٧٧ خوێندنی لە زانکۆی موسل تەواو کردو لەو ساڵەدا پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی زانکۆی موسڵو پلەی دووەمی لەسەر ئاستی عیراق بەدەست هێنا.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستانی پێکهێنا. رێکخراوەکە پۆستی لێپرسراوی یەکەمی بۆ دیاری نەکرابوو، بۆیە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتیی بە ئەندامی کۆمیتەی رابەرایەتی دادەندران، بەڵام ئەو بە دیفاکتۆ رۆڵی لێپرسراوی یەکەمی رێکخراوەکەی گێڕاوە.




دواتر، بە کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری دهۆك دامەزرا. لەو ماوەیەدا پەرەی بەپەیوەندییەکانی دا لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و هەردولا شێوە پەیوەندییەکی نیمچە کۆنفیدرالییان لەگەڵ یەکتریدا دروست کرد. ساڵی ١٩٨١ خۆیو کۆسرەت رەسول عەلی لە قەڵادزێوە سەردانی بارەگای سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانیان کرد لە ناوزەنگو هەر لەم سەردانەیدا چاوی بە تاڵەبانی کەوت. ساڵی پاشتر پێشنیاری یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی رەنجدەران و رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کردو لەم سەروبەندەدا بەشداریی لەکۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد کە لە ناوزەنگ بەسترا.

ساڵی ١٩٨٤ لەو سۆنگەیەوە کە ئامادە نەبوو پەیوەندی بە میلیشیاکانی جەیش شەعبییەوە بکات، بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری تکریت دور خرایەوە،

بەڵام ئەو دەستی لە فەرمانبەری کێشایەوەو ماوەیەك لە شاری موسڵ کرێکاریی کردو دواتر بە یارمەتیی ئەندازیارێکی کوردو بە ناسنامەی ساختە، خۆیو چەند هاوڕێییەکی بەگرێبەست کرێکارییان لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێوبانی سەماوە کرد.

هەر ئەو ساڵە لەسۆنگەی وتوویژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عێراقەوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی پچڕاندو پڕۆژەی یەکخستنەوەی گروپەکەی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەراندا هەڵپەسارد.

ساڵی ١٩٨٧ لە بادینان پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. بەڵام لە سۆنگەی بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازەکانییەوە تەنگی پێ هەڵچنراو زۆر دژایەتی کرا.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کشایەوە سەر سنورو لەو قۆناغەدا لە نەغەدەو ورمێ گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٩ بە قاچاخ چووە ناو شارەکان و ڕێکخستنەکانی بەسەر کردەوە. لە ماوەی ١٩٨٩-١٩٩٠دا چەند پڕۆژەیەکی سیاسیی تاوتوێ کرد لەوانە پڕۆژەی یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانداو پڕۆژەی دروست کردنی بەرەیەکی سیاسی لەگەڵ چەند گروپێکی چەپی وەك پەکەکەو حزبی زەحمەتکێشاندا بەڵام هیچ کام لەو پڕۆژانە لەبەر هۆی جیاواز سەری نەگرت.

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ کوردستان، پەرەی بەهەڵسوڕانی سیاسیی ڕێکخراوەکەی داو زۆرتر وەك سەرنوسەری ڕۆژنامەی «ڕێگای رەنجدەران» بە کارکردنەوە سەرقاڵ بوو.

ساڵی ١٩٩٢ لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کاندید کرا. پاش هەڵبژاردن پەرەی بە پەیوەندییەکانی دا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیو پەکەکەدا.

لە ٢٦ی ئایاری ١٩٩٣ لە دهۆك، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، دوو چەکدار بە شەو لە پشتەوە تەقەیان لێ کرد و شەهیدیان کرد. لە ٣٠ی ئایاردا ڕێپێوانێکی گەورە بە بەشداریی زیاتر لە بیست لایەنی سیاسیو ڕێکخراوی پیشەیی بۆ سەرزەنشت کردنی کوشتنی، لە شاری هەولێر ساز کرا. ڕێکخەرانی ڕێپێوانەکە چونە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و یاداشتێکی سەرزەنشت کردنی تیرۆرکردنەکەیان دایە پەرلەمان و داوای سزادانی تاوانبارانیان کرد. تیرۆرکردنی ئاکرەیی ئەڵقەیەك بوو لە زنجیرە تیرۆرێك کە لەو ماوەیەدا کادیرەکانی لایەنە سیاسییەکانی لە پارێزگای دهۆك گرتبۆوە.

ئاکرەیی چەند کتێبێکی بە زمانی عەرەبی لەپاش خۆی بەجێ هێشتووە کە بریتین لە «لەشکرکێشی بۆ سەر بادینان و رەوشی ئاوارەکان» (١٩٩٠)، «مەسەلەی کوردستانی باشورو ئاسۆی دواڕۆژ» (١٩٩٠)و «دەروازەیەك بۆ ئابوریی سیاسی» (١٩٩٣). لێکۆڵینەوەکان تائێستا لایەنی بەرپرس و ئەنجامدەرانی تیرۆرکردنەکەیان ئاشکرا نەکردووە.

## رەئوف جەمیل عەزیز



پێشمەرگەی ناو شار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی. قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە سلێمانیو ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆ تەواو کردووە.


ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٣ لە بەشی ڕێکخستنەوە گوێزراوەتەوە بۆ بەشی پێشمەرگەی ناوشار. ئەرکی ئەم بەشە ئەنجامدانی کردەوەی شۆڕشگێڕانە بوو لە ناو شار لە دژی دام و دەزگاو لێپرساوە گەورەکان و دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی بەعس. بیری زاڵ بەسەر بیرکردنەوەیدا ئەوە بوو کە خەباتی چەکدار لە ناو شارەکان درێژەپێدانی خەباتی چەکداری پێشمەرگانەیە لە ناوچەکانی دەرەوەی شار. ئەو مەفرەزەیەی کە ئەنجامدانی ئەرکی شۆڕشگێڕانەی لە ناو شار پێ سپێردرا بوو، ناو نرابوو مەفرەزەی «تۆڵە».

ڕەئوف، وەك پێشمەرگەی ناو شار، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ئەم مەفرەزەیەدا چەندان ئەرکی شۆڕشگێڕانەی ئەنجام داوە یان بەشداریی لە ئەنجامدانیاندا کردووە. ساڵی ١٩٨٦ مەفرەزەکە گورزێکی کاریگەریی تێسرەوێنرا، کاتێك دەزگا ئەمنییەکان لێپرسراوی مەفرەزەکە، کەمال ساڵح عەبدوڵڵا ناسراو بە کەمالی موهەندیس و دوو هەڵسوڕاوی چالاکیان بە ناوی محەمەد شوکرو گۆرانە ڕەش دەستگیر کرد. ساڵی ١٩٨٧ دەزگا ئەمنییەکان گورزێکی دیکەی کاریگەریان لە مەفرەزەکە دا، کاتێك پێنج هەڵسوڕاوی مەفرەزەکەیان بە ناوی جەلال عەبدوڵڵاو کەمال مەحمود فەرەج و بەرهەم عومەر سەعید و تاریق قادرو عەلی حەمە ڕەحیمیان دەستگیر کردو لە چوارڕیانی سەرچناردا بە بەرچاوی خەڵکەوە گوللەبارانیان کردن.

ئەم ڕوداوانە بەڵگەی دژواریی کارکردنن لە مەفرەزەیەکدا کە ئەرکی ئەنجامدانی کاری شۆڕشگێڕانەی لە ناو شارەکان گرتۆتە ئەستۆ.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا وەك پێشمەرگەی




ناو شاری مەفرەزەی تۆڵە، بەشدارییەکی کارای لە هێرش کردنە سەر دام و دەزگا ئەمنییەکانی ناو شاری سلێمانیدا کرد.

ساڵی ١٩٩٣، بە ڕەچاوکردنی ئەزمونە دەوڵەمەندەکەی کارکردنی لە مەفرەزەی تۆڵەدا، بەئەفسەری ئاسایش لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی پێنجوێن دامەزرا. ساڵی دواتر، لێپرساوەتیی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی پێنجوێنی گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیەدا کە لە قەزای پێنجوێن بووە، مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی کە دەیویست سود لە وزەو توانای لە بواری ڕێکخستندا وەرگرێ، پلەی ئەندامی کۆمیتەی پێنجوێنی پێ دا. هەمان ساڵ، بە هەمان پلە گوێزرایەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی قەزای چوارتاو لە ساڵی ١٩٩٦دا کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزاکە.

دوا بەدوای روداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کە تێیدا هاوپەیمانییەك لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و رژێمی بەعس لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاتە ئاراوە، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە سەر سنورو لە تشرینی یەکەمدا بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەدا کرد کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی زۆربەی ئەو ناوچانەیان گرتەوە کە هێزەکانی پارتی لە ئەیلولدا دەستیان بەسەردا گرتبوو. لەم سەروبەندەدا بەشداریی لە شەڕەکانی ئەزمڕو گرتنی شاری سلێمانیدا کرد.


ساڵی ١٩٩٧ کوردستانی بەجێ هێشت و لە شاری میونشن لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ سلێمانیو ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی رائید خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠١٨ بیرەوەرییەکانی خۆی، وەك کادیرێکی رێکخستنەکانی رێکخراوی سلێمانی لە ساڵانی هەشتاکان و کارکردنی وەك پێشمەرگەی ناو شار لە مەفرەزەی تۆڵە، لە دوتوێی ٣٩٤ لاپەڕەی قەبارە گەورەدا بە ناونیشانی «مەفرەزەی تۆڵە: بیرەوەرییەکانم لە رێکخراوی سلێمانی و کارکردنم لە مەفرەزەی تۆڵەدا» بڵاو کردەوە. ئەم کتێبە یەکێ لە سەرچاوە دەگمەنەکانی تاوتوێ کردنی ژیانی پێشمەرگایەتیی ناوشارە. هەرچەند ناونیشانی کتێبەکە زۆرتر بیر بە لای پێشمەرگایەتیی ناوشارو مەفرەزەی تۆڵەدا دەبا، بەڵام بەشێکی گرنگی کتێبەکە، بە وردەکارییەکی زۆرەوە، بۆ ژیانی رێکخراوەیی و پەروەردەی ئایدیۆلۆژی تەرخان کراوەو بە سەرچاوەیەکی گرنگ لەم بارەیەوە دەژمێردرێ.

بابەتی پەیوەندیدار:

* چوارڕیانی سەرچنار (روداو).

## رەحمان سەیدە*



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی دوو تیپ. ناوی تەواوی رەحمان سەیدۆك مەحمود. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی گوندی ناوپردان لە ناوچەی چۆمان. لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو کوردپەروەرە کە لە ساڵانی شەستەکان و هەروەها لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥دا دەستێکی باڵای لە پێشمەرگایەتیدا هەبوە.

هەرەسهێنانی کتوپڕی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، کاریگەریی گەورەی لەسەر سەیدە بەجێ هێشت. هەر ئەمەش وای لێ کرد هەندێ فیشەك و چەك لە گوندی شیوەلوك بشارێتەوە بەو ئومێدەی کە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا بەکاریان بێنێ.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە مەحمود سەیدەی برای هێزێکی چەکداری بۆ بەرپەرچدانەوەی راگواستنی گوندەکانی ناوچەی باڵەکایەتی پێکهێناو رەحمان خۆی بۆ ئەوە ئامادە کرد کە پەیوەندیی بە هێزەکەوە بکا. بۆیە چوو بۆ شیوەلوك تا فیشەك و چەکە شاردراوەکان دەربێنێ، بەڵام هەر کەچەکەکانی دەرهێنا، بۆی دەرکەوت سەرباز دەوری گوندەکەی داوە، هەر ئەوەندە دەرفەتی هەبوو چەکەکان لە ناو پوش و پەڵاش بشارێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەستگیر کرا چونکە سەربازەکان بەچەکەوە دی بویان بەڵام چەکەکانیان پێ نەدۆزرابۆوە. بۆیە، بۆ چۆمان راپێچ کراو لەوێوە بۆ هەولێرو پاشان بۆ کەرکوك. سەرەڕای ئەشکەنجەو

ئازاردان، هیچ نهێنییەکی نەدرکاند و دانی بە هیچ شتێکدا نەنا. پاش شەش مانگ ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٧٧ دوای ئەوەی کە حکومەتی عیراق دەستی بە راگواستنی گوندەکانی سەر سنور کرد، بەشێکی دێهاتەکانی ناوچەی باڵەکایەتی راگوێزران و خەڵکەکەی لەئۆردوگای بەستۆرە نیشتەجێ کران. بە هۆی ئەمەوە رەحمان سەیدەش لەئۆردوگای بەستۆرە گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٧٨ بۆی لوا رایەڵەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ تاڵەبانیدا دروست بکاو هەر ئەو ساڵە خۆیو سەید سەلیم رەواندزیو ساڵحی برای چونە گوندەکانی ئالانەو بناو لە سنوری خەلیفان و لەوێوە پەیامیان بۆ رێکخستنەکانی قەسرێ نارد تا لەگوندی چنێرانی بناری چیای مامەڕوت پەیوەندییان پێوە بکەن و لەوێوە بۆ سنوری باڵەیان بەڕێیان بکەن چونکە لەو کاتەدا بارەگای تاڵەبانی لەو سنورەدا بوو.

دوای پەیوەندی کردنی بە تاڵەبانییەوە، بە پلەی فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی ٧ی باڵەك رەوانەی ناوچەی ئاکۆیان و مەلەکان کرا. ساڵی ١٩٧٩ لە جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەیدە وازی لە یەکێتیی نیشتمانی نەهێناو جیا نەبۆوە. هەر دوا بەدوای جیابونەوەکە، گەڕایەوە بۆ سنوری باڵەکایەتیو پلەی فەرماندەی کەرتی پێ درا.

ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپەکان، کرایە یەکەم فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ، رەسول مەولودیش کرایە جێگری. بارەگای تیپەکە لە گوندی وەرتێی باڵەکایەتی دانرا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا کە تێیدا دوو جار بە سەختی بریندار بووە، بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی سنوری تیپی ٧٤ی باڵەك و تیپی ٧٨ی کاروخ، شەڕەکانی قەیوان- ماوەت، ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاریو شەڕەکانی مەڵبەندی سێ لە گەرمەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە ساڵی ١٩٨٨.

پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ناوچەکانی سەر سنور گیرسایەوە. لەو قۆناغەدا هەندێ ئەرکی پێشمەرگانەی بە شێوەی پارتیزانی هەڵسوڕاندووە.

ساڵی ١٩٨٩ دوای دامەزراندنەوەی تیپی ٧٤ی باڵەک لە چوارچێوەی سیستمی بەتالیۆنەکاندا، فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاو بەشداریش بوو لە شەڕی گرتنی کەرکوکدا. پاش راپەڕین کرایە فەرماندەی هێزی ٣٣ی باڵەك و دواتر لێپرسراوەتیی پاسەوانی سنوری ناوچەکەی پێ سپێردرا. پاش پێکهێنانی مەڵبەندی ٦ی سۆران، کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندو لە ساڵی ١٩٩٤دا لێپرسراوەتیی کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکانی گرتە ئەستۆ.

لە شەڕی ناوخۆدا لە٧ی ئایاری ١٩٩٤دا لەبەرزاییەکانی ئیسقەڵای سنوری قەزای رەواندز شەهید بوو.

## رەحیماوا (چالاکیی پێشمەرگانەی ناو شارا)

چالاکیی مەفرەزەیەکی سەر بە تیپی ٢١ی کەرکوك بە فەرماندەیی کاوە کۆچەری لە٣ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ لەگەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوك. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکان دزەیان کردە ناو شاری کەرکوك و هێرشیان کردە سەر یەکێ لە ڕەبیەکانی گەڕەکی رەحیماواو توانییان دەستی

بەسەردا بگرن. زیانی دوژمن لەم چالاکییەدا کوژرانی پێنج چەکداری جەیش شەعبی بوو. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو. دەستکەوتەکانی چالاکییەکە بریتی بون لە٤ کلاشنکۆف و یەك رەشاشی ئار بی کەی‌و کۆمەڵێك تەقەمەنی.

مەفرەزەکە لە٩ پێشمەرگەو ٢ ئەندامی هێزی پشتگیری پێکهاتبوو. پێشمەرگەکان: کاوە کۆچەری، رەفیق ئەحمەد، زێدان چیمەنی، سەرکەوت چیمەنی، چەتۆ کۆچەکی، هیوا پەڵکە رەش، خەلیل پەڵکە رەش و نەوزاد کاکە حەمە. پێشمەرگەکانی هێزی پشتگیری: جوامێر دوحیلەیی و نەجمەددین دوحیلەیی.

چالاکییەکە لە تۆڵەی شەهیدکردنی ١٥ هاووڵاتیی گوندی چیمەنی سەروو بوو کە هێزەکانی عیراق لە١٢ی تشرینی دووەمدا گوللەبارانیان کردبون و لە هەمان کاتدا پەیامێکیش بوو بۆ کاربەدەستە بەعسییەکانی کەرکوك کە سێ پشتێنە ئەمنییەکەی کەرکوك، ناتوانن بەربەست بن لە بەردەم چالاکیی پێشمەرگە لە ناو شاری کەرکوك.

## رەحیماوا (روداو)

روداوی گوللەباران کردنی ئەندامێکی رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەگەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوك لە ساڵی ١٩٨٧و دەستگیرکردنی باوك و پێنج براو شوێنبزرکردنیان.

لە١٠ی نیسانی ١٩٨٧ رێکخستنە نهێنییەکانی کەرکوك چالاکییەکی شۆڕشگێڕانەیان لەگەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوك ئەنجام دا کە بووە مایەی کوژرانی دوو کارمەندی دەزگای ئەمنی حکومەتی بەعس. دوا بەدوای چالاکییەکە، دەزگاکانی ئەمن کەوتنە لێکۆڵینەوەی ورد لەم بارەیەوەو دەوروبەری ٢٠٠ کەسیان دەستگیر کرد.

پاش چەند رۆژێك رەفیق ساڵح سەعیدیان دەستگیر کرد کە ئەندامی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران بوو و دوو برای، پێشمەرگەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بون و تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکییەکەی گەڕەکی رەحیماوایان ئاراستە کرد.

لە٢٤ی نیساندا رەفیق بە بەرچاوی دانیشتوانی گەڕەکی رەحیماواوە گوللەباران کراو هەر هەمان رۆژ دەزگا ئەمنییەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی‌و ساڵح سەعیدی باوکیان و پێنج برایان بە ناوی عادل و مەهدی و عەبدولوەهاب و سەلاحەددین و سەعدون دەستگیر کردو شوێنبزریان کردن. مەحبوبەی دایکی بەر شاڵاوی گرتنەکە نەکەوت و خۆی دەرباز کرد.

ژیاننامەی تاکەکانی خێزانەکە:

*ساڵح سەعید: لەدایکبوی ساڵی ١٩٢٢ی گوندی مۆردخواردەی ناوچەی خاڵخاڵان. ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کەرکوك نیشتەجێ بووەو ساڵی ١٩٦٩ بووەتە پێشمەرگەو لە هێزی کاوە بووەتە سەرلق. لەو ساڵەدا دوو جار بە سەختی بریندار بووە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو. لەو ماوەیەدا ژیانێکی کولەمەرگی لە ئێران بەسەر برد. ساڵی ١٩٧٩ وازی لە ژیانی ئاوارەیی هێناو گەڕایەوە بۆ عیراق. بەو پێیەی کە درەنگ بۆ عیراق گەڕاوەتەوە، بۆ شاری باقوبەی پارێزگای دیالە دور خرایەوە. ساڵی ١٩٨٢ بەر لێبوردنی گشتی کەوت و رێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ کەرکوك.

*عادل ساڵح سەعید: لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی شاری کەرکوك. تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندویەتی‌و دواتر سەرقاڵی کاسبی بووەو بۆتە شوفێری پاس لە هێڵی نێوان سلێمانی- کەرکوك.

دوای گیرانی رەفیقی برای، خۆی‌و هاوسەرەکەی‌و کچەکەی دەستگیر کران. پاش سێ مانگ هاوسەرو کچەکەی ئازاد کران و خۆیشی بێ سەروشوێن کرا.

*مەهدی ساڵح سەعید: لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٨٥ خوێندنی لە پەیمانگای مامۆستایانی دهۆك تەواو کردو لە گوندی بەرواری باڵا بە مامۆستا دامەزرا.

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بەکۆمیتەی ئاگری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لەو ماوەیەی کە لەم کۆمیتەیە کاری کردووە، هەڵسوڕاوێکی زرنگ و گورج و گۆڵ بوو.

*عەبدولوەهاب ساڵح سەعید: لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٨٢ بە کارمەند لە فەرمانگەیەکی حکومیدا دامەزراوەو هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

*سەلاحەددین ساڵح سەعید: لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣ی شاری کەرکوك تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی خوێندووەو پاشان خەریکی کاسبی بووە.

*سەعدون ساڵح سەعید: لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣ی کوردستانی ئێران. تا پۆلی یەکەمی ناوەندیی خوێندووە.


رەفیق ساڵح سەعید: لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ شاری کەرکوك. مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دیار نیە. لە٢٤ی نیسانی ١٩٨٧دا لەگەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوك بە بەرچاوی دانیشتوی گەڕەکەکەوە گوللەباران کرا.

*عەبدولهادی ساڵح سەعید: ناسراو بە دکتۆر هادی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری کەرکوك. دەرچوی پەیمانگای پزیشکییە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوك. دواتر بۆتە فەرمانداەی مەفرەزە لە هەردو تیپی ٢١ی کەرکوك و ٢٥ی خاڵخاڵان.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار برینداد بووە. لە٢٣ی ئازاری ١٩٨٨دا،کاتێك فڕۆکەکانی عیراق بە چەکی کیمیایی گوندی شاناخسێی ناوچەی ماوەتیان بۆردومان کرد، شەهید کرا.

*مەحبوبە عوسمان: خێزانی ساڵح سەعید و دایکی هەر شەش شەهید. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٧ی شاری کەرکوك. لە ڕێکخستنە نهێنییەکاندا وەك نامەبەر کاری کردووە. ساڵی ١٩٨٧ دوای گوللەباران کردنی کوڕێکی‌و دەستگیرکردنی هاوسەرەکەی‌و پێنج کوڕی دیکەی، خۆی گەیاندە گوندی مۆردخوارده. تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەئاوارەیی‌و کولەمەرگی‌و خۆحەشاردان، ژیانی بەسەر بردووە. ساڵی ١٩٩٤ لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

## رەزا محەمەد ئەمین ئەحمەد*



پێشمەرگەو مامۆستای شۆڕش. ناسراو بە مەلا ئاوارە. لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی کفری. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و حوجرەی لە کفری تەواو کردووە. دەرچوی پەیمانگای ئیسلامییە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ڕێکخستندا لێپرساوی شانەیەکی حەوت کەسی بوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە هێزی

پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بەسیستمی تیپەکان لە ساڵی ١٩٨٢، گەرمیان لە قەرەداغ جیا کرایەوەو تیپێکی تایبەتی بە ناوی تیپی ٥١ی گەرمیانەوە بۆ پێك هێنرا. لەم سۆنگەیەوە، ئەویش لە سنوری تیپە تازەکە خزمەتی کرد. سەرەڕای ئەوەی کە پابەند بوو بە ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیو بەشدار بوو لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، لەوانە شەڕەکانی قەیوان-ماوەت، بەشێکی دیاری ژیانی پێشمەرگایەتیی بۆ مامۆستایەتی تەرخان کرد لە خوێندنگەکانی دێهاتی دەرەوەی دەسەڵاتی رژێمی عیراق، وەك مامۆستای شۆڕش وانەی دەوتەوەو باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە پرۆسەی پەروەردە لە سەردەمی خەباتی چەکدار دەبێ لەسەر بنەمای پێکەوە گرێدانی کوردایەتیو زانست دابمەزرێ. لەو ماوەیەدا وەك کادیرێکی دیاری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەرکەوت و لە ناو یەکێتیی مامۆستایاندا ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت بوو.

ساڵی ١٩٨٣ خێزانەکەی و سێ منداڵەکەی پەیوەندییان پێوە کردو لە گوندی قەڵاچەرمەڵەی گەرمیان نیشتەجێ بون. ساڵی ١٩٨٤، لە سەروبەندی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، لە شاری کەلار گیرسایەوە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە سەرەتای ساڵی پاشتردا، کەلاری بەجێ هێشت و ماڵەکەی بۆ گوندی باوەکر گواستەوەو هەر لەو گوندەش لە خوێندنگە وانەی وتەوە.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان و کیمیابارانکردنی کوردستان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کشایەوە سەر سنور. هەر لەو ماوەیەدا باوکی کە بە لالە حەمە ئەمین ناسراوە، لە ١٦ی حوزەیراندا لە نێوان هەردوو گوندی گەڵاڵ کەوو گوندی کۆزە کۆڵ لە گەرمیان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تردا کە لە قۆناغی پاش ئەنفالەکاندا بە شێوەی پارتیزانی لە ناوچەکە مابونەوە، بە بۆردومانی هەلیکۆپتەر شەهید کرا.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە ڕزگارکردنی شارەکانی کەلارو سەرقەڵاو کفریو کەرکوکدا کرد. پاش راپەڕین، لە قۆناغی هێوربونەوەی رەوشە گشتییەکاندا، سەرگەرمی بەشداری کردن بوو لە بەرنامەی ئاوەدان کردنەوەی دێهاتەکان و ڕۆڵێکی دیاری لەکردنەوەی خوێندنگە لە گوندە تازە ئاوەدانکردنەوەکانی باخ هەناره، قۆرەتوو، مەیدان، دەربەندی بێ لوله، گلێجاڵ، شانەدەریو شارەکانی هەڵەبجەو سەید سادقدا گێڕا.

لە ٢٧ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ لە ڕوداوێکی نەخشە بۆ کێشراودا، لە چەرمەگا لە ئەنجامی تەقینەوەی برێك تەقەمەنیدا کە بۆی دانرا بوو، شەهید کرا.

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە بۆنەی شەهیدبونییەوە بەیاننامەی دەرکردو سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە بروسکەیەکدا بۆ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و خانەوادەکەی، شەهیدی بە «مامۆستای هەڵکەوتوی شۆڕش و قارەمانی خەباتی شاخ و شار» ناو برد.

## رەزگەو مارەدوو (روداو)

روداوی تۆپباران کردنی هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لە ٢٩ی نیسانی ١٩٨٣ لە کاتی بەڕێ کەوتنی لە گوندی شێنێوە بەرەو پشتئاشان و قرناقاو ئاشقوڵکە. هێزەکە نزیکەی هەزار پێشمەرگە دەبوو.

لەبەر گەورەیی هێزەکە، پێشمەرگەکان دوو دوو ریزیان بەستبوو و بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن. فەرماندەی هێزەکە نەوشیروان مستەفا بوو.

رەبیەکانی سوپای عیراق لە بەرزاییەکانی پشت قەڵادزێ‌و گوندی سوونێوە بەرێ کەوتنی هێزەکەیان لێ دیار بوو و ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو هێرشێکی بەربلاویان بکرێتە سەر.

هەر کە هێزەکە کەوتە ناو دۆڵی رەزگەو مارەدوو کە دوو گوندن لە دامێنی چیای قەڵاتوکان، رەبیەکانی سوپای عیراق بە هاوەن و سەربازگەی قەڵادزێ بە تۆپی قورس لە یەك کاتدا کەوتنە تۆپباران کردنی هێزەکە. تۆپباران کردنەکە بووە هۆی شەهید بوونی ٧ پێشمەرگە و بریندار بونی ١٢ پێشمەرگەی تر. پاش وەستانی تۆپبارانەکە تەرمی شەهیدەکان و بریندارەکان بەرەو ناوزەنگ بەرێ کران و هێزەکەش بەردەوام بوو لەسەر ڕۆیشتن بەرەو شوێنی دیاریکراو کە بارەگای سێ حزبی بەرەی جودی لێ بوو و توانرا پاش شەڕێك کە دوو ڕۆژی خایاند دەستیان بەسەردا بگیرێ.

## رەسول حەمە زێڕ*



پێشمەرگەی دێرین و کادیری عەسکەری. ناوی تەواوی رەسول محەمەد حەسەن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٧ی گوندی جاسەنەی سەر بە قەزای دوکان. لە خێزانێکی جوتیارە. دەرفەتی بۆ نەرەخساوە بخرێتە بەر خوێندن بەڵام بە هەوڵ‌و رەنجی خۆی توانیویەتی پەرە بە هۆشیاریی سیاسیی خۆی بدا.

لە ساڵی ١٩٦١دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و بۆتە پێشمەرگە. لە کاتی لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بە لای باڵی مەکتەبی سیاسیدا دایشکاندووە.

ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ئەم پەیوەندی کردنە بوە مایەی پەرەپێدانی هۆشیاریی چینایەتیی، بەڕادەیەك کە لەدوکان و سلێمانی‌و کەرکوك هەندێ ئەرکی لە بواری ڕێکخستندا پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بۆتەوە بە پێشمەرگەو لە ناوچەی حاجی ئۆمەران لێپرسراوەتیی جێگری سەرلقی پێ سپێردراوە. هەر ئەو ساڵە لە شەڕێکی سەختدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق لە کێوەڕەش لە رانیە بە سەختی بریندار بووەو بۆ چارەسەر رەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران کراوە.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بە دوای نسکۆی شۆڕش، ماوەیەك ئاوارەی ئێران بوو. لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ عیراق، بۆ خواروی عیراق دور خرایەوەو پاش ساڵێك ڕێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. لەو ماوەیەدا سەرلەنوێ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردەوەو کەوتەوە کارکردن.


ساڵی ١٩٧٩ دەزگا ئەمنییەکان کەوتنە تەنگ پێ هەڵچنین و چاودێری کردنی. هەر ئەو ساڵە، بۆ جاری سێیەم لە ژیانیدا، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری هەرێمی چوار، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردەوە. هەر لەوێ پلەی فەرماندەی مەفرەزەی پێ درا. ساڵی ١٩٨٢ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد بۆ پشتگیری کردنی هێزەکانی حزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێران و هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا، لە سۆنگەی دلاوەریو ئازایەتییەوە، پلەکەی بۆ جێگری فەرماندەی کەرت بەرز کرایەوە. هەمان ساڵ کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و دواتر لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی تیپی مەڵبەندی دووی لەگوندی سەرگەڵووی دۆڵی جافەتی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٦ بۆ پاراستنی سنوری دۆڵی جافەتی کە بارەگاکانی سەرکردایەتیو چاپخانە و ئێزگەو دەزگا گرنگەکانی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو، وەك فەرماندەی کەرتی ٨ی تیپی مەڵبەندی دوو بنکەیەکی لەگوندی قەمچوغە دانا. گوندەکە شوێنێکی ستراتیجیی هەبوو و رایەڵەی نێوان دۆڵی جافەتیو گەرمیانی پێکدەهێنا. ساڵی ١٩٨٧ هێزەکانی عیراق، بە مەبەستی برینی ئەو رێگا گرنگە، هێرشیان کردە سەر هەردوو گوندی تەلان و قەمچوغە بەڵام هێرشەکە تێك شکاو هێزەکانی عیراق هیچ ئامانجێکیان نەپێکا. لە تۆڵەی تێکشکانەکەدا، هێزەکانی عیراق، زۆر بە چڕی، رۆژانە کەوتنە تۆپباران کردنی قەمچوغە و بە هۆیەوە چەندین کەس لە هاووڵاتییان و پێشمەرگە بریندار بون.

لە١٥ی ئابدا حەمە زێڕ لە تۆپبارانێکدا بە سەختی بریندار بوو، بەپەلەپروزێ گەیەنرایە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو. بۆ ماوەی زیاتر لەسێ مانگ لە ژێر چاودێریی وردی پزیشکەکاندا مایەوە، بەڵام لە کاتی کیمیابارانکردنی بەرگەڵوودا بەر گازی کیمیایی کەوت و ژیانی کەوتە مەترسییەوە. بۆیە بڕیار درا بەپەلە بگەیەنرێتە ئێران. لە٨ی کانونی یەکەمی ١٩٨٧دا لە کاتێکدا کە دەگوازرایەوە بۆ ئێران، لە نزیك گوندی مەرگە، لەبەر سەختیی برینەکانی، گیانی لەدەستدا.

## رەسول رەشید سەعید




پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو فەرماندەی تیپ. ناسراو بە رەسول کاکەرەش. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٤ی گوندی کانی تووی ناوچەی مەرگەی سەر بە ناحیەی بنگرد لە قەزای دوکان. ساڵی ١٩٥٤ لە گوندەکەی خۆی خراوەتە بەر خوێندن. هەرچەند لە خوێندندا تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە، بەڵام ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی چینایەتیو نیشتمانیی هەبووە. ساڵی ١٩٧٣ لە بەتالیۆنی ٤ی مەرگە بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٥، لە سەروبەندی هەرەس هێنانی شۆڕشدا، سێ تفەنگی بڕنەوو سێ کلاشنکۆف و دەمانچەیەك و سندوقێك فیشەکی بڕنەوی لە گوندی گەلاڵەی شینکایەتی بە نرخێکی هەرزان کڕی و لە گوندی کانی توو شاردییەوە، بەو ئومێدەی کە شۆڕش هەڵگیرسێتەوەو بەکار بهێنرێن. لەو ماوەیەدا چۆوە سەر پیشەی جوتیاریو لە گوندەکەی خۆی گیرسایەوە. لە نیسانی ١٩٧٦دا مەفرەزەیەکی ١٣ کەسیی لە ناوچەی مەرگە پێکهێناو خۆی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار ئامادە کرد. لە ئابی هەمان ساڵدا پەیوەندیی بە هێزەکەی عەلی عەسکەرییەوە کرد لەگوندی سیرەمێرگ. لێرە بە دواوە بووە بەرپرسی دەستەکەی عەلی عەسکەری. هەر دوا بەدوای ئەمە، کاربەدەستە سوپاییەکانی ناوچەکە باوکی و رەئوفی برای و ئامینەی هاوسەریان لە گوندی کانی توو گرت و بردیانن بۆ گوندی

مەرگەو لەوێوە بە هەلیکۆپتەر هەمویان بۆ دوکان گواستەوەو لەوێوە بۆ سلێمانی. پاشان هەمویان بۆ خواروی عیراق دورخستەوە. دورخراوەکان ماوەی یەك ساڵ و شەش مانگیان لە زیندان بەسەر برد.

لە تەموزی ١٩٧٧دا بۆ پێشوازی کردن لە تاڵەبانی چوو بۆ سەر سنوری عیراق- تورکیاو لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە گواستنەوەی ئەو چەکەی بە نهێنی لە سوریاوە دەگەیەنرایە ناو تورکیاو لە شوێنی دیاریکراو رادەستی هێزی پێشمەرگە دەکرا.

لە١٣ی تشرینی یەکەمدا لە کاتی گواستنەوەی بڕێك چەك، لەسەر سنوری عیراق- تورکیا کەوتە بۆسەیەکی چەکدارەکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە برینداری بەدیل گیرا. هەر لەو بۆسەیەدا حەسەن خۆشناوو ١٠ پێشمەرگە شەهید کران. پاش سێ هەفتە، دوای ساڕێژبونی برینەکانی، رەوانەی گوندی دەریاسۆر کراو لەوێ ناچار کرا خۆی رادەستی هێزەکانی عیراق بکاتەوە. دوا بە دوای ئەمە، لە مێرگەسۆرەوە گوێزرایەوە بۆ هەولێرو لەوێوە بۆ کەرکوك. دوای دوو مانگ لێکۆڵینەوەو زیندانی کردن، ئازاد کرا. هەر دوای ئازادکردنی، گەڕایەوە بناری چیای قەندیل و دواتر لەگوندی ناوزەنگ پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە کردەوە.

ساڵی ١٩٧٨ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیونی هەکاری کە ئامانجەکەی وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك بوو کە نیاز وابوو لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە لەسەر سنوری عیراق- تورکیا. لەو ئۆپەراسیۆنەدا توشی چەرمەسەریو نەهامەتییەکی زۆر بوو و لە ١٩ی حوزەیراندا لەشەڕێکدا لەگەڵ چەکدارەکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و خێڵەکانی ناوچەی ژیرەکی، لەگەڵ خالید سەعید و ئازاد هەورامی و ژمارەیەکی زۆر




کادیر و پێشمەرگە، بەبرینداری بەدیل گیرا. پاش نزیکەی دوو مانگ، دوای نامەو نامەکارییەکی زۆر لە نێوان سەرکردایەتیی کاتیی پارتی و سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ ژمارەیەك دیل ئازاد کرا. لەئابی ئەو ساڵەدا، کرایە فەرماندەی کەرت لە قوەتی مەرگە.

ساڵی ١٩٨٠ لەسەر داوای تاڵەبانی، دەستی بە ئاوەدان کردنەوەی گوندی کانی توو کرد کە دانیشتوانەکەی لە ساڵی ١٩٧٨دا بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی تووەسوران و بەستەستێن راگوێزرا بون. لە ساڵی ١٩٨٢دا پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کار کردن بەسیستمی تیپەکان، لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس وەك فەرماندەی کەرت درێژەی بەئەرکی پێشمەرگانەی خۆی دا.

ساڵی ١٩٨٨ پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، ماوەیەك لە شاری بانە گیرسایەوەو دواتر چووە گوندی باخی لە نزیك شاری سەردەشت و دواتر لە ئۆردوگای ئاوارەکانی بێژیلێ گیرسایەوە. پاش

ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٨٩و پیادەکردنی سیستمی بەتالیۆنەکان، پلەی سەرتیپی وەرگـرت. لـە ڕاپـەڕینـی ساڵی ١٩٩١دا لەگەڵ هێزەکاندا بەرەو قۆڵی ڕانیە دابەزی و لە شوێنەکانی تریش ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەجێ هێنا. دوای ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی هێز.

ساڵی ١٩٩٣ کرایە فەرماندەی فەوجی تایبەتی مەڵبەندی ٨ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین لە ڕانیە. ساڵی ٢٠٠٣ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا. ساڵی ٢٠١٦ وەك پێشمەرگەی خۆبەخش لە قۆڵی خانەقین- جەلەولا بەشداریی لە شەڕی داعش دا کرد.

بیرەوەرییەکانی پێشمەرگایەتیی خۆی و بەشێکی بەسەرهاتەکانی ناوچەی مەرگەی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «بیرەوەریی پێشمەرگەیەك» بڵاوکردۆتەوە کە ساڵی ٢٠١٧ لە سلێمانی بەچاپ گەیەنراوە. ئەم کتێبە بۆ تێگەیشتنی وردەکارییەکانی پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە بادینان و مەرگەو دۆڵی جافەتی بایەخێکی دیکۆمێنتاریی زۆری هەیە، سەرباری ئەوەی کە سەبارەت بە لەناوچونی مـەفـرەزەکـەی حـەسـەن خـۆشـنـاو و ئۆپەراسیۆنی هەکاری زانیاریی وردو تێرو تەسەلی لە خۆ گرتووە.

## ڕەسول عومەر ئەحمەد



پێشمەرگەی دێرین و کـادیـری ڕێکخستن. نـاسـراو بـە کـوردە چاوشـین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی گردەسپیانی ڕۆژهەڵاتی قـەڵادزێ. خوێـنـدنی سەرەتایی و ناوەندیی لە قەڵادزێ تەواو کردووەو پاشان روی کردۆتە سلێمانی و لە بەکرەجۆ ئامادەیی کشتوکاڵی تـەواو کـردووە. مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨ دەگـەڕێـتـەوە، کاتێك لە بەکرەجۆ دەیخوێند. ساڵی ١٩٨١ لە ناوزەنگ پەیوندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو دواتر بۆ سنوری هەرێمی ٦ گوێزراوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٢، پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، بووەتە پێشمەرگەی کەرتی ٤ی تیپی ٤٣ی ئاسۆس کە تازە پێك هێنرا بوو و عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم یەکەم فەرماندەی بوو. ساڵی ١٩٨٣ پاش پێکهێنانی کەرتی ڕێکخستنی قـەڵادزێ، بۆ ئەو کەرتە گواسترایەوەو لەوێ وەك کادیرێکی ڕێکخستن کاری کرد.

ساڵی ١٩٨٥ وازی لـە کـاروبـاری ڕێکخستن هێناو بووە جێگری فەرماندەی کەرتی تیپی ٦٣ی جوتیاران، ساڵی ١٩٨٩ فەرماندەیی کەرتەکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٨١ی بەتالیۆنی ٨ . لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە زۆر نەبەردو ئۆپەراسیۆندا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٧ی داستانی ڕزگاری و شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٨ی دۆڵی جافەتی.

ساڵی ١٩٩١ لە یەکەم دابەزینی هێزی پێشمەرگەدا بەشداریی لە ڕاپەڕیندا کردو هەموو ئەرکەکانی کە پێی سپێردرا بون، بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرد. پاش ڕاپـەڕیـن، هـەر ئـەو ساڵە بـووە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی قـەڵادزێ. ساڵی ١٩٩٢ بـووە ڕابـەری سیاسی لە هێزی ٩ی پشدەر. ساڵی ١٩٩٣ بووە بەڕێوەبەری ئاسایشی قـەڵادزێ و ساڵی دواتـر لە کاری حزبیدا لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی قەڵادزێی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩٦ بووە کارگێڕی مەڵبەندی ٨ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین لە ڕانیەو ساڵی

٢٠٠١ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند.

ساڵی ٢٠٠٤ دەستی بە خوێندن کرد لە کۆلیجی یاساو سیاسەت لە زانکۆی سلێمانی و دواتر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٥ کرایە کارگێڕ لە مەکتەبی ڕێکخستن و تا ساڵی ٢٠٠٩ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو. دواتر بە پلەی لیوا خانەنشین کرا. پاش ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕان، پەیوەندیی پێوە کرد، بەڵام هیچ لێپرسراوەتییەکی فەرمیی تێدا وەرنەگرت.

## ڕەسوڵ عومەر لەتیف



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناسراو بە وەستا ڕەسوڵ. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی کەرکوك. دەرچووی کۆلیجی ئێوارانی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٩ لە کەرکوك پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٨ بووە بە پێشمەرگە لە سوپای ڕزگاریی کوردستان (سرك)و لێپرسراوەتیی هێڵی بابەگوڕگوڕی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ڕاپەڕیندا یەکێك بووە لەفەرماندەکانی هێزی بروسك و ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕزگارکردنی شارەکانی هەولێرو کەرکوکدا هەبووە. هەمان ساڵ بووە لێپرسراوی کۆمیتەی ئاوارەکانی کەرکوك لە ڕانیە.

ساڵی ١٩٩٣ بووە فەرماندەی فەوجی تایبەتی ئاوارەکانی کەرکوک لە ڕانیە و لە ساڵی ١٩٩٥ بووە کارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگەو لە ساڵی ١٩٩٩ بەهەڵبژاردن بووە جێگری لێپرسراوی ئەو مەڵبەندە.

ساڵی ٢٠٠٣ بووە لێپرسراوی بەشی خانەنشینی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ساڵی ٢٠٠٥ گەڕایەوە بۆ خزمەت کردن لە مەڵبەندی پێشمەرگە.

لە پێشمەرگایەتیدا شەش جار بریندار بووە، لە یەکێکیاندا لە ساڵی ٢٠٠١دا بە سەختی بریندار بووە، ئەمەش بۆتە هۆی لەدەستدانی قاچێکی و لەم سەروبەندەدا ٢٢ جار لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات نەشتەرگەریی بۆ کراوە و ٢٧ بوتڵ خوێن کراوەتە جەستەیەوە. بە پێی پێوانە بەکارهێندراوەکان ڕێژەی کەمئەندامییەکەی گەیشتۆتە ٨٥٪.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو لە هەمان ساڵ بوو بەلێپرسراوی مەڵبەندی چەمچەماڵ.


ساڵی ٢٠١٣ لە سۆنگەی باری تەندروستییەوە وازی لە لێپرسراوەتیی مەڵبەند هێناو گوێزرایەوە بۆ کارکردن لە مەکتەبی ڕێکخستن.

لە ساڵانی ٢٠١٤ - ٢٠١٦دا بەشدارییەکی کارای لە شەڕی دژی داعشدا کردووە و لێپرسراوەتیی قۆڵی ٤ی باشوری کەرکوکی پێ سپێردراوە کە یەکێک بووە لەو قۆڵانەی کە سەختترین شەڕ و پێکدادانی تێدا کراوە. لەو ماوەیەدا هەوڵێکی چڕی بۆ دیکۆمێنتکردنی شەڕ و ئۆپەراسیۆنە عەسکەرییەکانی قۆڵەکەی داوە.

لە نیسانی ٢٠١٨دا لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە حزبیەکاندا لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەرینی پێ سپێردرا.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی کەرکوک، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

# ڕەسوڵ مامەند



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٤ی ناوچەی مەرگەیە و هەر سێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی یەک لە دوای یەك لە بنگرد و قەلادزێ و سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦١ لە کۆلێژی ماف لە زانکۆی بەغدا وەرگیراوە بەڵام لە ساڵی ١٩٦٤دا، کاتێ خوێندکاری قۆناغی سێ بوو، بەهۆی هەلومەرجی سیاسییەوە وازی لە خوێندن هێنا.

مێژووی سیاسیی دەری خستوە کە لە سەردەمی خوێندکاریدا ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووەو لەم ڕێگەیەوە پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە. پاش وازهێنانی لە خوێندن، زۆرتر بەکاری حیزبایەتیەوە خەریك بوو.

ساڵی ١٩٦٨ کرایە لێپرساوی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی سنوری لقی چواری پارتی. لە کاتی شاڵاوی گرتن و ڕاوەدونانی ئەندام و کادیرە پەنابەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سنوری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، دژی ئەو فەرمانە وەستایەوە و فەرمانی گرتن و ڕاوەدونانی ئەندامان و کادرانی ئەو حیزبەی لە سنوری ناوچەی پشدەر جێبەجێ نەکرد، هەرچەند بەو هۆیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا، بەڵام ئەم هەڵوێستەی بە ئاماژەیەکی روون بۆ زیندویی هەستی نەتەوایەتیی دادەنرێ.

پاش ڕێککەوتنی ئاشتیی ساڵی ١٩٧٠ی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عیراق، لێپرساوەتیی کاروباری ڕێکخستنی لە سلێمانی پێ سپێردرا و بۆ ساڵی دواتر بۆ هەڵەبجە و پاشان بۆ دوکان گوێزرایەوە و ساڵی ١٩٧٢ کرایە کارگێڕی لقی سێی پارتی لە کەرکوك.

لە سەروبەندی هەرەس هێنانی شۆڕشدا لە ساڵی ١٩٧٥، هەوڵێکی ناکامی بۆ درێژەدان بە شۆڕش لە پێنجوێن و بناوەسوتە لەگەڵ چەند کادیرێکدا دەست پێکرد. پاش ئەم هەوڵە ناکامە لە شاری ورمێی ئێران گیرسایەوەو لەوێ بەشدار بوو لەگفتوگۆکانی تایبەت بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێوشوێنێك بۆ فریاکەوتنی کورد لە قۆناغی پاش هەرەس هێنانی شۆڕش. لەو کۆبوونەوەیەی کە لە ورمێ بەستراو چەند کەسایەتییەکی دیاری بزووتنەوەی کورد بەشدار بوون تێیدا وەك عەلی عەسکەری و برایم ئەحمەد، پشتگیریی لەگەڕانەوەیان بۆ عیراق و دەستپێکردنەوەی جموجوڵی سیاسی کرد.

پاش گەڕانەوەی بۆ عیراق، یەکێ بوو لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کە لە ٧ی نیسانی ١٩٧٦ ڕاگەیەنراو یەکێ لەوانە بوو کە پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد. لە مەسەلەی بوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە باڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خۆی و ساڵح یوسفی ڕایان وابوو کە پێویست ناکا بزووتنەوە بچێتە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بەڵام لە ژێر فشاری باڵی عەلی عەسکەری و عومەر مستەفا ملی ناو ڕەزامەندیی نیشاندا.

پاش ماوەیەکی کەم لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، گەیشتە شاخ و ڕۆڵی بەرچاوی

لە ڕێکخستنی یەکە چەکدارەکاندا بینی. لە کۆبوونەوەکانی ناوچەی برادۆست لە ماوەی نێوان ٣١ی ئاب- ١٢ی ئەیلولی ١٩٧٧، کاتێك یەکەم کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك هێنرا، کرایە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و پاشان، دوای پێکهێنانی مەکتەبی سیاسی، خۆی و عەلی عەسکەری بوونە نوێنەری بزووتنەوە.

لەو ماوەیەدا لەسەر دوو مەسەلە لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکێتیدا ناکۆك بوو: یەکەم، لەسەر مەسەلەی روخاندنی رژێمی بەعس کە پێی وابوو ئەم دروشمە زیانی بۆ جولانەوەی کورد هەیەو دووەم، لەسەر مەسەلەی پێویستیی بوونی هێڵی سێیەم لە ناو بزووتنەوەی کورددا تاکو هاوسەنگیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان رابگرێ، جگە لەوەی کە لەگەڵ سەرکردەکانی تری بزووتنەوەش ناکۆکیی هەبوو.

لە ئازاری ١٩٧٨، لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەدا لە ئەندامێتیی کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کشایەوە. بزووتنەوە لەباتی ئەو، تاهیر عەلی والی بەگی بۆ ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسی و حاجی حاجی برایمی بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی سەرکردایەتی دانا.

پاش لە ناوچوونی زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە ئۆپەراسیۆنی هەکاری و گیرانی ژمارەیەکی دیاری سەرکردەو کادیرەکانی بزووتنەوە لەوانە عەلی عەسکەری و خالید سەعید و سەید کاکە و تاهیر عەلی والی و دواتریش پاش شەهیدکردنی هەر یەك لە عەلی عەسکەری و خالید سەعید، باڵی رەسول مامەند لە ناو بزووتنەوە هەڵکشاو هێزی پەیدا کرد. لە نەورۆزی ١٩٧٩ بزووتنەوەی سۆسیالیست بارەگاکانی زەڵێی پێچایەوەو گوێزرایەوە بۆ گۆڕەشێرو جیابوونەوەی خۆی لەیەکێتی راگەیاند. جیابوونەوەکە کاریگەریی خراپی لەسەر رەوتی پەیوەندییە سیاسییەکانی کوردستان بەجێ هێشت و ئاستی گرژیی بەرەو هەڵکشان برد.

هەر دوای جیابوونەوە، لەگەڵ لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتیی دکتۆر مەحمود عوسمان یەکی گرتەوەو پێکەوە حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان دامەزراندو ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتییان لە ٣ کەس هەڵبژارد کە یەکێکیان رەسول مامەند بوو. لە مانگی ئابدا لەکۆنفرەنسی حزبی سۆسیالیست بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. لە مانگی ئەیلولدا کەوتە وتوویژ لەگەڵ رژێمی عیراقدا بە مەبەستی گەیشتن بەرێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، بەڵام وتوویژەکە سەری نەگرت و هیچ بەدەست نەهات.

ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هەر یەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی عیراق هاوپەیمانییەکی لە چوارچێوەی بەرەی جود پێکهێنا. لەیەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیست لە ئایاری ١٩٨١ کە لە دۆڵەتوو بەسترا، رابەرایەتیی ئەو هێڵەی کرد کە جەختی دەکردە سەر بەرەی جود وەك بژاردەیەکی سیاسی و رێبازی سۆسیالیزمی زانستی وەك بژاردەیەکی ئایدیۆلۆژی. هەر لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو دواتر ساڵح یوسفی لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە بە شێوەیەکی نهێنی بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرا. پاش تیرۆرکردنی یوسفی لە بەغدا لە ٢٥ی حوزەیران، بەسکرتێری حزب هەڵبژێردرا. لەم ماوەیەدا سیاسەتی بەرامبەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی گرژییەکان.

ساڵی ١٩٨٥ بە پیر بانگەوازی ئاشتبوونەوەی

گشتیی یەکێتییەوە چوو، پشتگیریی لەو پرۆسەیە کرد کە ساڵی ١٩٨٦ بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی نێوان حزبی سۆسیالیست و یەکێتیی نیشتمانی گەیشت. لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٨٨ لەخواکورك لەگەڵ نوێنەرانی هەر یەك لە یەکێتیی نیشتمانی، پارتی دیموکرات، لقی هەرێمی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی عیراق، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد، پەیماننامەی بەرەی کوردستانیی واژۆ کرد.

ساڵی ١٩٨٩ چوو بۆ ئەوروپاو ناوەندێکی سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی لەوێ دامەزراندو لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠ گەڕایەوە کوردستان. لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بوو لەسەرپەرشتی کردنی قۆڵی ڕانیە و یەکێ لەو سەرکردانە بوو کە زوو گەیشتە ناو شاری ڕانیە و ڕۆڵێکی دیاری لە ڕزگارکردنی شارەکەدا گێڕا.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١و دەستپێکردنی وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراق، لەگەڵ شاندی بەرەی کوردستانی بەشداریی لە وتووێژدا کردو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە نابێ کورد دەستبەرداری ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و شنگال بێ.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا، بە یەك لیست لەگەڵ پاسۆك بەشداریی لە هەڵبژاردندا کرد. بەڵام حزبی سۆسیالیست نەیتوانی ڕێژەی ٧٪ی پێویست بۆ چوونە ناو پەرلەمان بەدەست بێنێ، بەڵکو تەنها ٢,٦٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. لەو ماوەیەدا سەرکردایەتییەکی هاوبەشی لەگەڵ پاسۆك پێکهێناو هەوڵی یەکخستنی حزبی سۆسیالیست و پاسۆکی دا.

بەڵام دواتر پشتگیریی یەکخستنەوەیەکی سێقۆڵیی کردو لەم سەروبەندەدا لە ٢٠ ی ئابدا بەشدار بوو لە کۆنگرەی هاوبەشی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بۆ یەکخستنی هەر سێ حزب و پێکهێنانی پارتی یەکگرتن، بەڵام گومانی لە ئەجێندای کۆنگرەکە پەیدا کردو لەم سۆنگەیەوە بەجێی هێشت.

پاش ئافەروزکردنی پڕۆژەی یەکگرتنی سێقۆڵی، بەلای بژاردەی یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دایشکاندو پرۆسەی دانوستانی بۆ یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دەست پێ کرد. لە تشرینی دووەمدا کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیست کە لە ڕانیە بەسترا، بە کۆی دەنگ ڕەزامەندیی لەسەر یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نیشاندا. پرۆسەی دانوستان تا ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام بوو. لە ١٠ی شوباتدا پەیمانی یەکگرتنەوەی واژۆ کردو حزبی سۆسیالیستی هەڵوەشاندەوە.

لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی وەرگرت، دواتریش کرایە ئەندامی دەستەی کارگێڕ. لە کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا دوای ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا دەستەیەکی سەرۆکایەتی لە ٨ ئەندام بۆ ڕابەرایەتی کردنی هەرێمی کوردستان پێك بهێنرێ، لە پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوو تاڵەبانی و عومەر فەتاح و کۆسرەت ڕەسول عەلی بۆ ئەندامەتیی دەستەکە کاندید کران. دوا بەدوای ئەمە، لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا ڕاسپێردرا سەرپەرشتیی هەردوو مەڵبەندی ڕێکخستنی ٤ی دهۆك و ٧ی ئاکرێ بکات.

لە ١٢ی نیسانی ١٩٩٤ دا لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. لە ٢٤ی نیساندا تەرمەکەی گەیشتە دەروازەی برایم خەلیل لە زاخۆ. پێشوازییەکی فەرمی لە تەرمەکەی کراو لە کاروانێکی پڕ شکۆدا بەرەو

زێدگای خۆی بەڕێ کرا. لە ٢٥ی نیساندا لە گوندی بەردەشان بە خاك سپێردرا.

دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایییەوە، بڕیاریدا سێ ڕۆژ لە سەرانسەری کوردستان ماتەمینی رابگەیەنرێ. بەیاننامەی دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کە لە ١٢ی نیساندا دەرچووە، بەمجۆرە باسی کردووە کە رەسول مامەند «لە ئاشتبونەوەی گشتی و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێم و یەکخستنەوەی لایەنە سیاسییەکانی گەلەکەماندا، رۆڵی دیارو بەرچاوی هەبوە». هەروەها پەرلەمانی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وای دەربڕی کە کۆچی دوایی رەسول مامەند «خەسارەتێکی گەورەیە بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو بە کۆچ کردنی، تێکۆشەرێکی لێهاتوی لەدەست چوو کە سەرتاپای ژیانی بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردو پاراستنی بنەماکانی دیموکراسی تەرخان کردبوو». هەروەها بەیاننامەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دەربارەی کۆچی دوایی رەسول مامەند تێیدا هاتبوو کە «بە لەدەستدانی ئەم رۆڵە قارەمانەی گەلەکەمان زیانێکی گەورە لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کەوت».

تاڵەبانی لە پەیامێکدا بە بۆنەی کۆچی دوایی رەسول مامەندەوە، نوسیویەتی کە لەدەستدانی «لەم کات و ساتە گرنگ و چارەنوسسازەدا زیانێکی گەورەیە لە گەلەکەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کوردایەتی دەکەوێت چونکە ئەمرۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە خەبات و دڵسۆزی و فیداکاریی ئەو رۆڵە دلێرەی کوردەواری و کوردایەتی هەیە». بە هەمان پێودانگ، بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك «تێکۆشەری گەورەو پشودرێژی گەلەکەمان» ناوی بردو وای ناساند کە ئەو «بێ وچان و بەردەوام لە ریزی پێشمەرگایەتی و خەباتی شاخ و شاردا بووە».

بابەتی پەیوەندیدار:

*پەیمانی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

## پاشکۆ

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بەبۆنەی کۆچی دوایی رەسول مامەندەوە

پێشمەرگە قارەمانەکان

تێکۆشەرە دلێرەکان

هاووڵاتییانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی تێکۆشەری گەورەو پشودرێژی گەلەکەمان کاك رەسول مامەند ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانتان پێ رادەگەیەنین.

لەم کاتەدا لەدەستدانی ئەو تێکۆشەرە دڵسۆزو پشودرێژە کارەساتێکی زۆر ناخۆش بوو، خەسارەتێکی گەورە بوو کە لە گەلەکەمان و لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوت. بێگومان بۆشایی خۆی بەجێ دەهێڵێ، چونکە ئەو هەڤاڵە هەر بە تەنها یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتیی جوڵانەوەکەمان نەبووە، بەڵکو هەمیشە گیان و چاوگی کوردایەتی و

لەخۆبوردن بووە. دەمێ ساڵەو لە رۆژانی هەرە تاریك و نووتەكدا پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست و بوێری ناو سەنگەرەكانی شۆڕش و بەرەنگاری بونەوەی داگیركەران بوو. تەواوی شاخ و پێدەشت و لێرەوارو رێ و بانەكانی كوردستان شایەتی بۆ جوامێری و خەباتی هەرگیز نەپساوەی ئەو دەدەن. هەڤاڵ رەسول مامەند ئەوەندەی خۆی ناسیوە، بێ وچان و بەردەوام لە ریزی پێشمەرگایەتی و خەباتی شاخ و شاردا بووە. ئەو عاشقێكی گەورەی تەبایی و یەكبونی ریزەكانی گەل بوو. یەكێك بوو لەو تێكۆشەرە دیارانەی كە لە سالآنی شۆڕشی ئەیلولی گەلەكەماندا پێشمەرگەو كادیرو لێپرسراوێكی ئازاو نەبەز بووە. پاش شكستی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ هەڤالآن عومەر مستەفا دەبابەو عەلی عەسكەری و خالید سەعید و هەڤالآنی تردا بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستانیان پێكەوە ناو هاتنە ریزی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پاشان بووە بە ئەندامی مەكتەبی سیاسی. لە ساڵی ١٩٨٦دا لە ئاشتبونەوەی گشتیی كوردستاندا رۆڵێكی جوامێرانەو دیاری هەبوە، هەروەك لە دامەزراندنی بەرەی كوردستانیدا دەورێكی بەرچاوی هەبوە.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش لە خزم و كەسوكارو بنەماڵەكەیان ٣٢ كەسیان لەپێناوی رزگاریی كوردستاندا شەهید بون.

هاووڵاتییانی نەبەز

هەڤاڵانی تێكۆشەر

هەڤاڵی تێكۆشەر رەسول مامەند دور لە كوردستانی جێ نزرگەی تێكۆشان و راپەڕین و دور لە هەڤاڵان و ئازیزان و جەماوەری گەلە قارەمانەكەمان بەرەبەیانی سێشەممەی رێكەوتی ١٢ی نیسانی ١٩٩٤ لە لەندەن كتوپڕ دڵی گەورەی لە لێدان كەوت و كۆستێكی گەورەی خستەوە. لەدەستدانی ئەو هەڤاڵە پێشمەرگەو تێكۆشەرە ناسراوەی گەلەكەمان و ئەندامی مەكتەبی سیاسیی یەكێتیمان كەسەرێكی گەورەی خستە دەرونی هەڤالآن و دۆستان و هەموو تێكۆشەرانی گەلەكەمانەوە.

ئێمە لەو كاتەدا كە سەرەخۆشی لە گەلەكەمان و لە خۆمان و گشت هەڤالآن و كەسوكاری ئەو كەڵە تێكۆشەرە قارەمانە دەكەین، بەڵێن تازە دەكەینەوە كە تا سەر سور دەبین لەسەر ئەو رێبازە پیرۆزەی كە لە ریزی پێشەوەی یانزە شەهیدە سەركردەكەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و كاكە رەسول مامەندو هەموو شەهیدانی تری ئەم رێبازە بین كە بە خوێنی گەشی خۆیان رەنگیان رشتووە، تا سەر لە خەبات و گیانبازی و تێكۆشاندا بەردەوام دەبین لە پێناوی مافی چارەی خۆنوسینی خەڵكی كوردستان و ئازادی و ئاشتی و دیموكراسی و مافی مرۆڤ لە كوردستانداو پاراستنی دەستكەوتەكانی خەباتی گەلەكەمان، پاراستن و چەسپاندنی حكومەت و پەرلەمانی كوردستان و حوكمی یاسا، گەشەپێدانی سیاسی و ئابوری و كۆمەلآیەتی و فەرهەنگیی خەڵكی كوردستان.

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان هەر لە سەرەتاوە كۆمەلآنی خەڵكی كوردستانی بەوە راهێناوە كە سەركردەكانی و فەرماندەو لێپرسراوەكانی سەر قافڵەی شەهیدان بن، لە ریزی پێشەوەی بەخشینی گیانی خۆیاندا بن.

هەڤاڵی خۆشەویست و تێكۆشەر رەسول مامەند یەكێك بوو لەو سەركردانەی یەكێتی كە بە خەباتی بەردەوام و نەبەز، بە دڵسۆزی و كۆڵنەدان، هەمیشە لە سەنگەری گیان بەخشیندا بووە. بۆیە پاش زیاتر لە ٢٣ ساڵ خەباتی بێ وچانی خۆی و بنەماڵەو كەسوكاری، وەكو باقی سەركردەكانی ئەم رێكخراوە گەورەو گیانبازە، لە گەرمەی خەبات و لە هەرەتی جموجوڵ و تێكۆشاندا گیانی بە كوردو كوردستان

بەخشی و لە هەلومەرجێکی ناسکدا، لەکاتێکدا کە لە هەموو کات بۆ یەکێتی و خەبات و گەلەکەمان پێویستتر بوو، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بەجێی هێشتین و وەك شەهیدێکی نەمر چووە ریزی شەهیدانی کوردستانەوە.

هەر نەمر بێ گیانی هەڤاڵی نەسرەوت رەسول مامەند.

نەمری و سەروەری بۆ هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان.

مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١٩٩٤/٤/١٢

تێبینی: بەیاننامەکە فەرەیدون عەبدولقادر نوسیویەتی.

## رەسول محەمەد حەمەساڵح هەڵەدنی



پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی. لە ساڵی ١٩٧٦ لە گوندەکەی خۆی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ چووە ریزی هێزی پێشمەرگەوەو تا ساڵی ١٩٨٢ ئەرکەکانی خۆی وەك پێشمەرگە لە ناوچەکانی دۆڵی جافەتیو سورداش و شارباژێڕ لە سنوری هەردوو هەرێمی ٣و ٤دا جێبەجێ کرد.

ساڵی ١٩٨٢ گوێزرایەوە بۆ ڕێکخراوی ٢ی کۆمەڵەی رەنجدەران کە جەبار فەرمان بەرپرسی بوو. ساڵی ١٩٨٤ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو سەرقاڵی دابین کردنی بژێوی خێزانەکەی بوو لە هەڵەدن. ساڵی دواتر، دوا بەدوای بەئاکام نەگەیشتنی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق و دەستپێکردنەوەی شەڕ، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو بۆوە بە پێشمەرگە لە ڕێکخراوی ٢ی کۆمەڵەو لەم سەروبەرندەدا لە شوباتی ١٩٨٥ بەشداریی لە ئۆپەراسیونی دابان- هەلاجدا کرد کە بە یەکەم گەورەترین شەڕی پاش تێکچونی وتووێژ دادەندرێ.

لە شاڵاوی ئەنفالی یەکی دۆڵی جافەتیدا لە ساڵی ١٩٨٨، بەخێزانەوە ئاوارەی ئێران بووە و ماوەیەك لەگوندی بێورانی سەروو نیشتەجێ بوو، دواتر خێزانەکەی لە ئۆردوگای ئاوارەکانی پیر شێخی نزیك شاری سەردەشت نیشتەجێ کردو خۆیشی پەیوەندیی بەتیپی ٤٧ی پیرەمەگرونەوە کرد کە بارەگای لەگوندی بلەکێ بوو.

لە ژیانی پێشمەرگەیەتیدا بەشداریی ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە کردووە لەوانە ئۆپەراسیونەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧)و شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی سێ وەك شەڕەکانی سەری جوانەگاو گەروی مەنجەڵو قەندیل (١٩٨٨). لەم سەرەبەندەدا دوو جار بەچەکی کیمیایی بریندار بووە.

پاش ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٨٩، پەیوەندیی بە هێزی پارتیزانەکانەوە کردو لەم روەوە خولێکی ٤٠ رۆژەی بینی. تا ساڵی ١٩٩١ یەکێ لەپێشمەرگە دانەبڕاوەکانی رەتڵی سورداش بوو.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، وەك فەرماندەی مەفرەزە لە بەتالیۆنی ١٥ی چەمی رەزان، بەشدار بوو لە رزگارکردنی ناوچەکانی دوکان و

پیرەمەگرون و چەمچەماڵو قەرەهەنجیرو کەرکوك.
پاش دامەزراندنی لەشکری یەکگرتوی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، لە لیوای ٢٢ خزمەتی کرد. لە ساڵانی دواتردا لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا خزمەتی کردو لە ساڵی ٢٠٠٧دا بە پلەی عەقید خانەنشین کرا.

## رەشاد موراد مەلا*



پێشمەرگە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ی شاری هەولێر. ساڵی ١٩٦٧ چوتە بەر خوێندن. خوێندکارێکی زیرەك بوو. لە قۆناغەکانی خوێندندا لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ، لە زۆربەی وانەکان دەبەخشرا.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو دواتر گەیشتە پلەی ئەندام لە کۆمیتەی راپەڕین کە حەسەن کوێستانی سەرپەرشتیی دەکرد. ساڵی ١٩٨١ پاش ئەنجامدانی کارێکی شۆڕشگێڕانە لە ناو شاری هەولێر لە لایەن رێکخستنەوەو بە هۆی دەستگیرکردنی ئەندامێکی رێکخستن و دانانی بە هەندێ نهێنیدا، مەفرەزەیەکی دەزگای ئەمنی هەولێر هەڵیکوتایە سەر خوێندنگەکەی کە لێی دەیخوێند و دەستگیری کرد.

پاش ئەوەی ماوەیەك لە زیندانی ئەمنی هەولێر هێڵدرایەوە، برایە کەرکوك و خرایە ژێر ئەشکەنجەوە بۆ درکاندنی نهێنییەکانی رێکخستن، بەڵام نەچووە ژێر بارەوەو هیچ نهێنییەکی ئاشکرا نەکرد. دواتر لە دادگا بە پانزە ساڵ زیندانی حوکم درا.

ساڵی ١٩٨٢ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراو دوای ئازادکردنی بە ماوەیەکی کەم، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بوو بە پێشمەرگە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی زۆر چالاکیی کرد لەوانە چالاکییەکانی ماوەی ساڵانی نێوان ١٩٨٥- ١٩٨٧ی ناو شاری هەولێر. لە سەروبەندی ئەنجامدانی ئەو چالاکییانە، زۆر جار لە ناو شار دەمایەوە. لە ٢٥ی نیسانی ١٩٨٧ لە شارۆچکەی پیرمام دەستگیر کراو خرایە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە بۆ ئاشکراکردنی شێوەی ئەنجامدانی چالاکییەکانی ناو شارو ناوی هاوکارەکانی، بەڵام ئەو هیچ نهێنییەکی نەدرکاند، ماوەیەکی زۆر بەرگەی ئەشکەنجەکانی گرت و لە دواییدا، پاش بێ ئومێدبوونی ئەشکەنجەدەرەکانی لە ئاشکراکردنی هیچ نهێنییەك، لە ناو بینای ئەمنی هەولێر لە ٣ی ئابی ١٩٨٧ گوللەباران کرا.

## رەعد بەشیر ئەسکەندەر



پێشمەرگەو کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی شاری بەغدا. هەرچەند لە عیراق لەدایك بووەو ژیاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردی فەیلی بووە، حکومەتی عیراق دانی بە عیراقیبونیدا نەناوەو رەگەزنامەی عیراقی پێ نەداوە. ئەمەش رۆڵی هەبوو لەوەی کە لە تافی منداڵییەوە گوڕێکی

بەتین و تاو بۆ روبەڕوبونەوەی ستەم و چەوسانەوە لە ناخیدا چەکەرە بکات.

سەربار، هەستی کوردایەتییەکەی هەستێکی بەجۆش و خرۆش بوو.لە ساڵی ١٩٧١دا، کاتێك کە خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بوو لە بەغدا، پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو وەك کادیرێکی چالاك کاری تێدا کرد.

ساڵی ١٩٧٤ بەشی زانستیی خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد بەڵام چانسی وەرگرتنی لە زانکۆ نەبوو چونکە رەگەزنامەی عیراقی پێ نەدرا بوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ دا لە بەغدا لە رێی شێرۆ عەبدولقادرەوە پەیوەندیی بە رێکخراوی نهێنیی خوێنی شەهیدانەوە کرد کە رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ بوو، وای دەبینی کە دەبێ لە شارەکاندا پەرە بە خەباتی چەکدار لە دژی رژێمە دیکتاتۆرەکان بدرێ و جەنگی نهێنی لە ناو شارەکان بۆ روخاندنی ئەو رژێمانە بەرپا بکرێ.

ساڵی ١٩٧٦رێکخراوەکە پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو رێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە وەك هێڵێکی بەغدای رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مامەڵە لەگەڵ رێکخراوەکە بکرێ. لەم سەروبەندەدا لە ئەندامانی رێکخراوەکە، رێکخراوێکی تر بە ناوی هەڵۆی سور پێك هات. ماڵی رەعد بنکەیەکی سەرەکیی چاپکردنەوەی بڵاوکراوەو دروستکردنی ناسنامەی ساختەو شاردنەوەی چەك و تەقەمەنی بوو. ساڵی ١٩٧٧ دەزگا ئەمنییەکانی بەعس شاڵاوێکی توندوتیژیان کردە سەر رێکخراوەکە، گورزێکی قورسیان لێداو ئەندامەکانیان دەستگیر کرد، لەوانە رەعد کە دەستگیر کراو سزای زیندانیی هەمیشەیی بۆ دەرچوو.

ساڵی ١٩٧٩ بەو بۆنەیەوە کە سەددام حسێن پاش دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر، جێی گرتۆتەوەو بۆتە سەرۆکی کۆمار، لێبوردنی گشتی بۆ زیندانییە سیاسییەکان دەرچوو و لەم سۆنگەیەوە رەعد لەگەڵ سەدان زیندانیی سیاسی ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٨٠ لە سنوری خۆشناوەتی پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی ١٩٨١ گوێزرایەوە بۆ بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە گوندی تووژەڵە لەسەر سنوری عیراق- ئێران و لەوێ سود لە توانای لە بواری زمانی عەرەبیدا وەرگیراو کرایە بێژەر لە بەشی عەرەبیی ئێزگە.

ساڵی ١٩٨٢ لەسەر پێشنیاری تاڵەبانی کرایە کادیر لە ئۆفیسی پەیوەندییەکان لە تاران. پاش تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و داخستنی ئۆفیسی پەیوەندییەکان لە تاران، رەعد لە لای خزمەکانی لە ئێران مایەوە. ساڵی پاشتر خۆی و سەعدی برای و دوو خوشکی پەیوەندییان بە بارەگای مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوە کە لەو کاتەدا گوێزرابۆوە بۆ دۆڵی جافەتی. لەوێ هەر چواریان لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو گیرسانەوە.


ساڵی ١٩٨٦ بۆ جاری دووەم لە ئۆفیسی پەیوەندییەکان لە تاران کاری پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٨ ئێرانی بەجێ هێشت و لە بریتانیا گیرسایەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*خوێنی شەهیدان (رێکخراو)

*هەڵۆی سور (رێکخراو).

# رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود*



کادیرو پێشمەرگەی دێرین و پارتیزانو فەرماندە. ناسراو بە ڕێباز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی دەربەندی گۆم لە ناوچەی کەندیناوەی باشوری هەولێر. دەرچوی ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێرە.

ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردوەو لەم ڕێگایەوە بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە ناوپردان خولی کادیرانی تەواو کردووەو لەوە بەدوا وەك کادیری ئەو حزبە کاری کردووە.

ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ هەولێر. لەئابی ئەو ساڵەدا حکومەتی عیراق ژمارەیەکی زۆری دەرچوانی ئامادەیی کشتوکاڵی بە کارمەند دامەزراند. یەکێ لەوانە رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود بوو کە لە قوشتەپە بەکارمەند لە فەرمانگەی کشتوکاڵ دامەزرا.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو بەهۆی زیرەکیو گورج و گۆڵییەوە زۆر بەخێرایی تێیدا گەشەی کرد. ساڵی ١٩٧٦ لە سەروبەندی پێکهێنانی هەرێمی هەولێر بەلێپرساوەتیی عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر، لەگەڵ هەر یەك لە شاخەوان عەباس، مەولود هەمزە، عەلی ساڵح، محەمەد زەنگەنە، محەمەد جەمیل قەشقەیی، سامی قادر و قاسم عەزیز کرایە ئەندامی کۆمیتەکە.

لە ئایاری ١٩٧٧دا دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی




بەعس چەند شانەیەکی ڕێکخستنە نهێنییەکانیان لە هەولێر ئاشکرا کردو دەستیان بە شاڵاوێکی گرتنو راوەدونان کرد. رەفعەت فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، بەڵام خۆی بەدەستەوە نەدا، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگانەی دەست پێکرد. لەو قۆناغەدا وەك کادیر کاری کردو لە قۆناغەکانی تردا لێپرساوەتیی لە هێزی پێشمەرگە پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٢ پاش پێکهێنانی تیپی ٨٣ی هەورێ، کرایە فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپەکە. ساڵی دواتر بە کەرتەکەیەوە بۆ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٤ لە قۆناغی ئاگربڕ و وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، کرایە ئەندامی لیژنەی هەماهەنگیی هاوبەش لە پارێزگای هەولێر. لە قۆناغەکانی دواتردا لێپرساوەتیی جێگری فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێری پێ سپێردراو دواتریش کرایە فەرماندەی تیپەکە.

لە قۆناغی پاش شاڵاوی ئەنفالەکان و دەستپێکردنی

ئەزمونی شەڕی پارتیزانیدا، بۆ ماوەی چواردە مانگ، لە ماوەی نێوان ئەیلولی ١٩٨٨و تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا، سەرکردایەتیی یەکە پارتیزانەکانی ناوچەی هەولێری کرد.

ساڵی ١٩٩٠ بە ئیشوکاری ڕێکخستنو پەیوەندییەکان، نێردرا بۆ ئیتالیا. لەو ماوەیەدا ئەرکەکانی جێبەجی کردو بەشداریش بوو لەو کۆنگرەیەی کەکوردانی نیشتەجێی ئیتالیا بۆ تاوتوێ کردنی ڕەوشی مەسەلەی کورد، لە شاری فلۆرەنسا بەستبویان. لەوێوە سەردانی فەرەنسای کردو پاشان گەڕایەوە بۆ قاسمە ڕەش.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا بەهێزێکەوە دابەزی بۆ شاری ڕانیە و لەوێوە لەگەڵ ئەو هێزەی کە بە فەرماندەیی چەتۆ حەوێزی ڕوی کردبوە کۆیە بەڕێ کەوت و بەشدار بوو لە ڕزگارکردنی کۆیە. دواتر بەشدار بوو لە ڕزگارکردنی شاری هەولێرو دەوروبەرەکەی.


لە ئۆپەراسیونی ڕزگارکردنی کەرکوکدا، گرتنی زنجیرە ڕەبیەکانی دومەڵانی پێ سپێردرا. سەرکەوتن لەگرتنی ڕەبیەکان ڕێی بۆ گرتنی کەرکوك خۆش کرد. دواتر بەشدار بوو لە ڕزگارکردنی هەردوو گەڕەکی ڕەحیماواو تەپەی مەلا عەبدوڵڵای کەرکوك. دوای ڕزگارکردنی کەرکوك، ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا کە هێزەکانی کەندیناوە ڕێك بخاتەوەو لەوێوە بەشدار بێ لە ئۆپەراسیونی ڕزگارکردنی شارۆچکەی دوبز و گرتنی سەربازگەی خالید. لەم سەروبەندەدا فەرماندەیی قۆڵی کەندیناوە- پەلکانە- دوبزی پێ سپێردرا. بەڵام ئۆپەراسیونەکە ئامانجەکانی بەدەست نەهێنا.

لە کاتی هێرشی چەواشەی هێزەکانی عیراق بۆ گرتنەوەی هەولێر، سەرپەرشتیی قۆڵی هەولێر- کەندیناوەی کرد. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە هەولێر، بارەگای لەسەری ڕەش دانا. هەر لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە شەڕی دەربەندی کۆڕێ کرد کە تێیدا هێزی پێشمەرگە پێشڕەویی هێزەکانی عیراقی ڕاگرت و گورزێکی گورچکبڕی تێسرەواند.

پاش یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان دوا بەدوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کرایە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ناوچەی دهۆك. ساڵی ١٩٩٤ لە کاتی شەڕی ناوخۆدا لە ناوچەی ئاکرێ بە دیلی شەهید کرا. هەندێ نوسینی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە کە بەهایەکی دیکۆمێنتارییان هەیەو وردەکارییەکی زۆریان سەبارەت بە هەڵسوڕانی ڕێکخستنە نهێنییەکان و ژیانی پێشمەرگایەتیو هەلومەرجی سەختی قۆناغی هەڵسوڕانی پارتیزانەکانی پارێزگای هەولێر تێدایە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «شەڕی پارتیزانی» (١٩٩٠)، «قەندیل بەغدای هەژاند» (١٩٩٣).

## ڕەفعەت عەبدوڵڵا حەمە ڕەش



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستنو ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی شاری کەرکوك. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی

١٩٨٢ خوێندنی لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی موسڵ تەواو کردووەو هەر ئەو ساڵە بۆتە پێشمەرگە لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ. دواتر گوێزراوەتەوە بۆ تیپی ٢١ی کەرکوک. لە سنوری تیپەکەدا وەك کادیرێکی رێکخستن کاری کردووە. پلەکانی رێکخستنی بڕیوەو لە دواییدا بۆتە لێپرسراوی رێکخستنەکانی سنوری تیپەکە.

ساڵی ١٩٨٨ یەکێ لەو کادیرانەی سنورەکە بوو کە لە قۆناغی ئەنفالەکاندا ناوچەکەی بەجێ نەهێشت و بەپارتیزانی تێیدا مایەوە. لە ساڵی ١٩٨٩دا لە چوارچێوەی پرۆسەی رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەدا کرایە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی شەش. لە ساڵی ١٩٩١دا بەپێی بەرنامەی دانراو، بەشداریی لە ڕاپەڕاندنی پلانی راپەڕیندا کرد. پاش راپەڕین، کرایە جێگری هێزی کەرکوك. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار برینداربووە.

لە ساڵی ١٩٩٢دا دوا بەدوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە یەکەم قایمقامی چەمچەماڵ لە سەردەمی حکومەتی هەرێمدا. لە ساڵی ١٩٩٣دا کرایە بریکاری وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، لە هەمان کاتیشدا فەرماندەی لەشکری بابەگوڕگوڕ بوو.

ساڵی ١٩٩٧ لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمدا بووە وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن. ساڵی ١٩٩٨ لێپرسراوەتیی وەزارەتی دارایی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو دواتر بووە پارێزگاری کەرکوك لە دەربەندیخان. ساڵی ٢٠٠٤ بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە قۆناغی گواستنەوەدا لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ٢٠٠٦ لە هەڵبژاردنی رێکخستنەکاندا بووە لێپرسراوی مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوك و لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانی لە ساڵی ٢٠١٠، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لە ساڵی ٢٠١١دا لێپرسراوەتیی مەکتەبی رێکخستنی پێ سپێردرا.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی کەرکوک، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠دا لە هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی کارگێڕدا، بە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

## رەفعەت محەمەد یاسین



پێشمەرگەی دێرین و کادیری چاپەمەنی. ناسراو بە دارا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی شاری کەرکوك. هەر سێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی دبلۆمی لە پەیمانگای تەکنەلۆژیی میسان بەدەست هێنا. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە کەرتی رێکخستنی چەمچەماڵ رێك خرا.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری لەگوندی کانی تووی ناوچەی مەرگە لەسەر دەزگای بێ سیم کاری کرد. لە مانگی ئابی ١٩٨٦ بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ

لە شاری کرماشان لە ئێران خولێکی عەسکەریی لەسەر موشەکی سام ٧و کاتیۆشاو هاوەن بینی. لە مانگی تشرینی یەکەمدا، وەك پێشمەرگەی دەزگای بێ سیم، لەگەڵ ئەو هێزە گەورەیەی پێشمەرگە بوو کە لە سێ قۆڵەوە موشەك بارانی دام و دەزگا نەوتییەکانی باباگوڕگوڕو جەوەڵبۆرو چەمەبۆری کرد. هەروەها لە مانگی تشرینی دووەمدا وەك پێشمەرگەی دەزگای بێ سیم، لەگەڵ تیپەکانی مەڵبەندی ٢ی کەرکوکدا بەشدار بوو لەگرتنی شارۆچکەی ئاغجەلەر.

پاش دامەزراندنی مەڵبەندی بادینان لە ساڵی ١٩٨٧، دوا بەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کۆتایی بەهاردا لەگەڵ ئەو هێزەی کە ئازاد هەورامی رابەرایەتیی دەکرد، لە دۆڵی جافەیەتییەوە بەرەو بادینان بەڕێ کەوت. لە مانگی ئابی ساڵی دواتردا، لەگەڵ هێزەکەی بادینان گەڕایەوە و ئەرکی پاراستنی ڕێگای نێوان دۆڵی باڵەکایەتی و شوێنی گردبونەوەی هێزەکانی مەڵبەندی ٣ی هەولێریان پێ سپێردرا.

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٩دا وەك پێشمەرگەی دەزگای بێ سیم گوێزرایەوە بۆ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ. لە مانگی حوزەیراندا گوێزرایەوە بۆ چاپخانەی برایم عەزۆ لە شاری سەقز و لەوێ وەك مۆنتێر کاری کرد.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ دەزگای ڕاگەیاندن گەڕایەوە بۆ هەرێم و بەشدار بوو لە دانانی بارەگای دەزگای ڕاگەیاندن لە گەڵاڵە لە ساڵی ١٩٩١. هەر ئەو ساڵە وەك دیزاینەرو سەرپەرشتیاری چاپ کاری لە خولی حەوتەمی ڕۆژنامەی «ڕێبازی نوێ»دا کرد. لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٢دا وەك دیزاینەرو لێپرسراوی بەشی هونەری لەگۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کاری کرد.


سەرباری کارکردنی لەگۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە مانگی حوزەیراندا گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن و تا ساڵی ٢٠٠٧ وەك بەڕێوەبەری ئیدارەی پەیمانگای کادیران لە هەولێرو سلێمانی کاری کرد.

لە نیسانی ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری «تایم» کە خۆی بووە سەرنوسەری، خاوەنی ئیمتیازەکەشی پارێزەر نزار خەسرەو بوو. ساڵی ١٩٩٨ پاش ئەوەی ٨ ژمارەی لێ دەرچوو، گۆڤارەکە لەبەر گرفتی دارایی ڕاگیرا. ساڵی ٢٠٠٦ پرۆژەی «تایم» زیندوو کرایەوە و ئەمجارە بە شێوەی ڕۆژنامە دەرچوو، خۆی سەرنوسەری بوو، سۆران داوودی جێگری سەرنوسەرو پارێزەر نزار خەسرەو خاوەنی ئیمتیازی بوو. تا ژمارە ٢٣ کە لە ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە، سەرنوسەری ڕۆژنامەکە بوو، پاشان دەستی لە کار کێشایەوەو سۆران داوودی جێی گرتەوە.

ساڵی ٢٠١٠ بووە بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان. ساڵی ٢٠١٢ خانەنشین کرا.

لە ٨ی ئایاری ٢٠١٩دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بەکرەجۆ بە خاک سپێردرا.

## ڕەفعەتی مەلا



کادیری دێرین و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان. ناوی تەواوی محەمەد ڕەفعەت عەبدولڕەحمان محەمەد عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٧ی گەڕەکی


سەرشەقامی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٤٤ لە خوێندنگە خالدیە خراوەتە بەر خوێندن و لە پۆلی چوارەمدا گوێزراوەتەوە بۆ خوێندنگەی میر عەبدولئیلاو لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٥٢ لە ناوەندیی سلێمانیی خوێندوویەتیو هەر لەم خوێندنگەیە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی عیراقی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کردووە. ساڵی ١٩٥٦ لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی وەرگیرا.

ساڵی ١٩٥٨، پاش روخانی رژێمی پاشایەتی لە عیراق و دامەزراندنی کۆمار، پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر لەگوندی ئۆڵۆبڵاخی بازیان بە مامۆستا دامەزرا.

ساڵی ١٩٦٢ بەشدارییەکی کارای لەو هەوڵو کۆششانەدا کرد کە دواتر پێکهێنانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیان لێ کەوتەوە. لە حوزەیرانی ١٩٦٣ لەڕەشبگیرەکەی شاری سلێمانیدا گیراو سێ مانگ لەگرتوخانەی سەربازگەی سلێمانی مایەوە. ساڵی ١٩٦٤ کرایە ئەندامی ڕێکخراوی فەرمانبەرانی سەر بە پارتی. لە کاتی سەرهەڵدانی تەنگژە لە ناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتیوانیی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد.

ساڵی ١٩٧٠، پاش راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار، بۆ دیوانیە دور خرایەوەو لەوێوە پاش چەند مانگێك بۆ بەغدا گوێزرایەوە. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، کرایە ئەندامی لقی ٤ی سلێمانی و لەم سەروبەندەدا گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو ئەرکی سەرپەرشتیی




ڕێکخستنەکانی ناوچەی هەڵەبجەی پێ سپێردرا کە لە شەش ڕێکخراو پێك هاتبوون. پاشان گوێزرایەوە بۆ ناوچەی سەرپێڵی زەهاوی سەر بەپارێزگای کرماشان بۆ سەرپەرشتی کردنی ئۆردوگای پەنابەرانی کوردی عیراق. لەوێ خزمەتێکی زۆری پەنابەرەکانی کرد و خوێندنگە و نەخۆشخانەو دادگایەکی بۆ رایی کردنی کارەکانیان تێدا دامەزراند.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەك لە ئێران مایەوەو دواتر، لە مانگی ئەیلولدا، لە ڕێی دەروازەی مونزریەوە گەڕایەوە بۆ عیراقو دەمو دەست بە ماڵو منداڵەوە گوێزرایەوە بۆ شارۆچکەی رمێسە لە پارێزگای موسەنناو لەوێ وەك دورخراوە بە مامۆستا دامەزرا.

ساڵی ١٩٧٧ لە ڕێگەی مەحمود مەلا عیززەتەوە، لە رمێسە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ بەغداو سێ ساڵ لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٩٨١ پاش شەش ساڵ ژیانی دورخراوەیی گوێزرایەوە بۆ سلێمانی. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە. لەوێ کرایە ئەندامی دەزگای دارایی کە عەلی حەویز، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لێپرساوی بوو. لە ساڵی ١٩٨٢ پاش یەکگرتنەوەی باڵی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە خدر مەعسوم لێپرساوی بوو. هەر ئەو ساڵە پاش پێکهێنانی مەڵبەندەکان، کرایە لێپرساوی دارایی مەڵبەندی یەك کە بارەگاکەی لەگوندی حاجی مامەند بوو لە ناوچەی شارباژێڕو دواتر کرایە لێپرساوی سیاسیو کۆمەڵایەتیی مەڵبەند.

ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی دوو کە بارەگاکەی لەسورداش بوو و لێپرساوەتیی بەشی سیاسیی پێ سپێردرا. ساڵی پاشتر کرایە لێپرساوی بەشی کۆمەڵایەتیو لەم سەروبەندەدا بارەگای بەشەکەی لە بەرگەڵوو دانا. لە ناوەڕاستی ئەو ساڵەدا کرایە ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە نیشتمانیو نێودەوڵەتییەکان کە بارەگاکەی لە گوندی مالومەی دۆڵی جافەتی بوو.

ساڵی ١٩٨٦ بەشدار بوو لەو هەوڵانەی کە بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو ئێران دەدران و لەم سەروبەندەدا ئەندامی ئەو شاندە بوو کە بە سەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم سەردانی ئێرانی کرد. هەر ئەو ساڵە ئۆفیسی نوێنەرایەتیی یەکێتیی بە لێپرساوەتیی ڕەفعەتی مەلاو ئەندامەتیی هەر یەك لە مەحمود خۆشناو و موشیر حەمە غەریب و عەلی کەمال لە کرماشان کرایەوە.

ساڵی ١٩٨٨ بە هۆی نەخۆشییەوە وازی لە کارەکەی هێنا هەر ئەو ساڵە چوو بۆ سوریاو لەوێوە چوو بۆ سویدو لەوێ گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیدا کرد و پاش کۆنگرە گەڕایەوە بۆ سوید بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠دا بەیەکجاری گەڕایەوەو کرایە جێگیری لێپرساوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی کە بەکر حاجی سەفەر بەرپرسی بوو. ساڵی دواتر دەستی لەکار کێشایەوەو هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیدا کرد لە سلێمانی.

ساڵی ٢٠٠٣، پاش روخانی رژێمی بەعس، بەشدار بوو لە بزوتنەوەی ریفراندۆم و یەکێ لە بەڕێوەبەرانی یەکەم کۆبونەوەی ئەو بزوتنەوەیە بوو کە لە تەموزدا لە سەنتەری گەنجانی سلێمانی بەسترا. ئامانجی بزوتنەوەکە جەخت کردن بوو لەسەر مافی چارەی خۆنوسینی کوردو پێویستیی گوزارشت کردن لەو ئامانجە لە ڕێگای راپرسییەوە.

ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر لیستی سەوز بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٨ پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد.

بیرەوەرییەکان و ئەزمونی ژیانی سیاسیی کە لە دوتوێی کتێبێکی مامناوەنجیی ٢٠٦ لاپەڕەییدا بە ناونیشانی «رۆژە تەماوییەکان» تۆمار کراون، چەردەیەك زانیاریی گرنگیان دەربارەی سێکتەرەکانی دارایی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان و کۆنگرەی یەکەم و دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێدایە و بە سەرچاوەیەکی ورد و باوەڕپێکراو دەژمێردرێن.

## رەفیق رەشید ئاغجەلەری*



فەرماندەی کەرت. ناوی تەواوی رەفیق رەشید حەمە ئەمین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی شارۆچکەی ئاغجەلەر. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە ئاغجەلەر تەواو کردووە. دواتر خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٣ بە مامۆستا لەگوندی کودریانی ناوچەی زرارەتی دامەزراوەو هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە و بە هۆی هەڵسوڕان و چالاکییەوە پاش ماوەیەکی کەم بۆتە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی ئاغجەلەر.

لە سۆنگەی جموجوڵ و دەرکەوتنی وەك هەڵسوڕاوێکی دیار، بەگومانی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە چەند جارێك لە ئاغجەلەر گیراوەو بۆ لێکۆڵینەوە رەوانەی کەرکوك کراوە. خۆڕاگری‌و نەدرکاندنی هیچ نهێنییەکی ڕێکخستن، دەزگا ئەمنییەکانی ناچار کرد ئازادی بکەن. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك بووە پێشمەرگەو لە ماوەیەکی کورتدا بووە فەرماندەی مەفرەزەو پاشان فەرماندەی کەرت. دوای دروستبونی تیپەکان لە ساڵی ١٩٨٢، لە تیپی ٢١ی کەرکوك پێشمەرگایەتیی کرد. هاوکات وەك مامۆستای شۆڕش لەگوندی گۆزەبۆرەی ناوچەی ئاغجەلەر وانەی بە خوێندکارە منداڵەکان دەوتەوە.

ژیانی پێشمەرگایەتیی درێژ نەبوو. لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢دا لە شەڕێکدا لە گوندی چەرمەگا لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تردا بە ناوی سەرتیپ ئاوبارەیی‌و شەماڵ سلێمان شەهید کرا.

## رەمزی قوتبەددین



هونەرمەند و پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی رەمزی قوتبەددین تۆفیق ناسراو بە مامۆستا رەمزی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی خانەقین. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە خانەقین و ساڵی ١٩٧٤ بەشی گرافیکی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ لەخانەقین پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٠ لە خوێندنگەی گوندی مالومەی دۆڵی جافەتی بە مامۆستا دامەزراو بە هۆی ئەمەوە لە ڕوی ڕێکخراوەییەوە گوێزرایەوە بۆ سەر ڕێکخستنەکانی سنوری سلێمانی. جموجوڵی لەگوندی مالومە و پەیوەندیی لەگەڵ مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی جافەتی‌و پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی سلێمانی سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی راکێشاو لەم سۆنگەیەوە خرایە ژێر چاودێرییەوە. ساڵی ١٩٨٢ لە سلێمانی دەستگیر کراو بۆ ماوەی نۆ مانگ لە ئەمنی سلێمانی زیندانی کراو زۆر ئەشکەنجە درا. ساڵی ١٩٨٣ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. دوای ئازادبونی بەماوەیەکی کەم پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو، وەك کادیرێکی تەکنیکی،

سود له بەهرە هونەرییەکانی وەرگیرا. هەر ئەو ساڵە پیشانگای لەگوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی کردەوەو ٢٧ تابلۆی خۆی تێدا نمایش کرد. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ گواستنەوەی چاپخانە بۆ دۆڵە کۆگە، ئەویش بۆ دۆڵە کۆگە گوێزرایەوە. ساڵی پاشتر، دوا بەدوای شاڵاوی ئەنفالەکان، لەگەڵ چاپخانەدا بۆ شاری سەقز گوێزرایەوەو ئەو ماوەیەی لەوێ بەسەر برد.

مانەوەی لە ئێران ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند کە زۆرتر بایەخ بە هونەر بدا. لەم سەروبەندەدا لە ساڵی ١٩٨٩دا لەگەڵ هونەرمەندان رێبوار سەعید و عوسمان قادر و رێبوار خالیدا پێشانگایەکی هاوبەشی کردەوە کە ٢٣ تابلۆی تێدا نمایش کرا. ساڵی ١٩٩٠ پێشانگایەکی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند هادی زیائەددین لە شاری سنە ساز کرد. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ هونەرمەند رێبوار سەعید بەشداریی لە پێشانگایەکدا کرد لەپاریسی پایتەختی فەرەنساو دواتر هەمان تابلۆکانی ئەو پیشانگایەی گواستەوە بۆ ئێران و لە مەیدانی ئازادیی شاری تاران نمایشی کردن. ساڵی ١٩٩١ بە چوار تابلۆ بەشداریی لەو پێشانگایە کرد کە ئەنستیتوتی کورد لە پاریس سازی کردبوو.

ساڵی ١٩٩٢ لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی پیشانگای بۆ بەرهەمەکانی خۆی کردەوەو پاشان هەمان پیشانگای لە هەولێر کردەوە. ساڵی ١٩٩٦ یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە دەرەوەی وڵات، لە شاری پاریس لەگەلەریی کەلیوو میغیت کردەوە. زۆربەی ئەم ماوەیە لە فەرەنسا ژیاوەو ئەم ماوەیە بە قۆناغی بەبڕشتی ژیانی هونەریی دەژمێردرێ. هەر لەو ماوەیەشدا توانیویەتی ناوبانگێکی گەورە بۆ خۆی وەك هونەرمەند دروست بکا.

بەشێکی زۆری بەرهەمە هونەرییەکانی لە پاریس بەهاوکاریی گەلەریی کلۆدین نمایش کراون. ساڵی ٢٠٠٧ بە ٣٠ تابلۆ پیشانگایەکی تایبەتی لە شاری لیل لە فەرەنسا کردەوەو لەو ساڵە بەدواوە هەموو دوو ساڵ جارێك تابلۆکانی لەگەلەریی نونگ گینی شاری سانت ئومیغ لە فەرەنسا نمایش کراون.

ساڵی ٢٠١٠ بە ٣٠ تابلۆی تازەو ٢ی کۆن بەشدار بوو لەو پێشانگایەی کە دەربارەی نەهامەتیی هەڵەبجە لە هۆڵی ئەمنە سورەکەی شاری سلێمانی کرایەوە.

## پاشکۆ

## پیشانگای هونەرمەندی پێشمەرگە رەمزی قوتبەددین
## ئەو کاتەی مردن ئازایە و بکوژ ترسنۆکە
## (وتار)

لە وێنە کێشراوەکانی سەر تاشە بەردی ئەشکەوتە دێرینەکانەوە دەزانرێ خەڵکی چاخە بەردینەکان خەریکی راوو شکار بون چونکە هەموو فیگەرەکان هی ئاژەڵ، باڵندە، مرۆڤ و ئەو چەکانەیە کە بۆ راو بەکار هاتوون. تابلۆی هونەرمەندانی چاخی ناوەڕاستیش، ئاوێنەی دەسترۆیشتوویی دەسەڵاتی کڵێسەو دەرەبەگایەتییە بەسەر ژیانی تا رادەیەك وەستاوی ئەو سەردەمەی ئەوروپا.

ئەی کامەیە ئەو کارە هونەرییەی پاش هەزار ساڵی تر باسی دەکا کورد بە چییەوە خەریك بووە؟ لە کوردستان چی رویداوە؟ ئێش و ئازارەکانی خەڵك کامە بون؟ کامەیە ئەو هونەرمەندەی ئەو ئەرکە قورسە دەگرێتە ئەستۆ؟ دیارە هەموو لایەك بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەی دوایی لەگەڵ ئەوەن ئەو هونەرمەندە ئەوەیە کە لە ناوجەرگەی رووداوەکاندا دەژی، لە ناو

قوڵایی برینەکانەوە چاو دەکاتەوەو ئیش دەکات. ئەو هونەرمەندەیە کاتێ خەڵك چاویان نوقاندووە، ئەم کردویەتییەوە. لە کوێ روداوی بزوێنەر هەیە، چاوو مێشك و دەستی ئەمیش لەوێیەو لە میکانیزمی جوڵانی کۆمەڵدا بەشدارە.

داڤنشیی نەمر لە تابلۆی مۆنالیزادا زەردەخەنەیەکی ئاڵۆزو پڕ نهێنیی ئەوتۆی مۆنالیزای ژنە بەگی فەرەنساییشی نەمر کردووە. وای کردووە لێکۆڵەرەوەکان بە شوێن ژیان و گوزەرانی ئەمیشدا بگەڕێن بەڵکو گرێی ئەم زەردەخەنە سەرسوڕهێنەرە بکەنەوە. ئەی تابلۆی خێزانێکی مردوو لە حاڵەتی باوەش کردن بەیەکدا، یان تابلۆی دوو سێ زیندوی خەریك بە تەرم هەڵگرتنەوە لە ژێر هەورێکی قورسدا وەك ئەوەی کارێکی رۆژانە ئەنجام بدەن، پاش چەند سەد ساڵی تر چی دەگەیەنن؟ باسی کام خەڵك و کام شوێن دەکەن؟

کاك رەمزی باسی دوێنێ و سبەی ناکا، باسی ئەمڕۆ دەکات. ئەمڕۆ لە ناسکترین ساتەکانیدا. پیشانگا ٣٢ تابلۆییەکەی ئەم دواییەش لە ٧ تا ١٥ی ئایاری ١٩٨٩ بۆ پێشمەرگەو ئاوارەکان، لەم یاسایە بەدەر نەبوو. باسی ئەمڕۆیە، نەمرکردنی ساتە ناسکەکانی نێوان ژیان و مردنە، کە کارێکی یەکجار زەحمەتە. باسی ئەوەی کاتێ کوردێك روحی دەردەچێ لە چ حاڵەتێکدایە. بیر لە چی دەکاتەوە؟ سنگی دایك بۆ منداڵ لە کاتی گیان دەرچوندا چ سۆزو گەرمییەکی تێدایە؟ زەردەخەنەی سەر لێوی کۆرپەی مردوو، چی بەم دنیایە دەڵێ؟ رەوڕەوەی مێژوو بە کام لادا دەڕوا؟ بە سەر کام ئێسك و گۆشتدا دەخولێتەوە؟ دەموچاوی کوردێك بۆ شین و مۆر هەڵدەگەڕێ؟ مردوو چۆن هەڕەشە دەکا؟ تف و لەعنەت لە کێ دەکا؟ ژیان لە مردنەوە چۆن دەبینرێ؟ لەمێژە مرۆڤ لە حاڵەتە جیاجیاکانی ژیان و مردندا سەودای ئیشی

رەمزییە. ئەمجارەش مرۆڤ تابلۆکانی بە جۆرێ قەرەباڵغ کردووە، خەریکە چوارچێوە بە خۆیان ناگرێ. خۆ مردوی گازی ژەهراوی بێ برین و خوێنە. دیمەنەکەی لەگەڵ خەوتوو جیا ناکرێتەوە . ئەی ئەوە چییە نیشانی دەدا مردووەکانی کاك رەمزی نەخەوتون بەڵکو خنکاوی ژەهرن؟ چاوی نیوە کراوەیان بڕیوەتە هیوایەکی مسۆگەر. دەستیان بە رقەوە نوقاندووە. ئەوە چییە وا دەکات هەست بکرێ مردوو قسە دەکا؟ سەرگوزشتەیەکی هەیە. چۆن دەزانی ئەوەی مردووە ترسنۆك نیە، بەزیو نیە، بەڵکو پاڵەوانێکە بە هەوایەکی ژەهراوی گیانی دەرچووە کە هیچ زیندوویەك خۆی لەبەر ناگرێ. کام سنگ ئازایە سیانید هەڵمژێ و پەکی نەکەوێ؟ ژەهر هەقی بەسەر ئازاو ترسنۆکەوە نیە. ترسنۆك ئەوەیە بەکاری هێناوە. ئازاش ئەوەیە بە مردوویش سامی نادڕوا.

ئەم پەیامە وای کردووە تابلۆ پڕ مردووەکانی کاك رەمزی زیندوو بن و قسە بکەن، تەحەدایان هەبێ، چونکە مردوی ژێر دەست و پێی داگیرکەر نین، مردوی ترسنۆکی ناو سەنگەری بەزیو نین. مەگەر هەر هونەرمەندێکی وەك رەمزیی قاڵبووی ناو ساتە ناسکەکانی ژیان بتوانێ ئاوا دژەکان پێکەوە بژیەنێ. لە یەکیاندا ئەوی تر بنوێنێ. لە مردندا ژیان دەرخاو قسە بە مردوو بکا. جوڵانەوە لە دنیایەکی تەواو ستاتیکدا بخولقێنێ. لە یەکێ لە تابلۆکان کە لە یەك مەتر درێژترە، بە بۆیەی زەیت کێشراوە. روبەری تابلۆکە بە خەڵکی مردووی گەنج، منداڵ، پیر و ئافرەت و ئاژەڵەکان پڕ بوەتەوە. بێ جوڵە لەسەر زەمین بەسەر یەکدا کەوتون، کەچی جوڵانێکی سەیر لەو دنیایە هەست پێ دەکرێ و بە لای ستاتیکدا ناچێ، وەك بڵێی لەو ساتە زۆر ناسکەدا کێشراوە کە پەتی نێوان ژیان و مردن وەك موویەك باریك دەبێتەوەو دەپسێ. هێشتا تاوان تابلۆکەی جێ نەهێشتووە. دەستێك کە لە

ناو تەرمەکاندا دەرهاتووەو بە هێز نوقاوە، وەك ئەوەیە بڵێ «ئێستاش ئەگەر ملی فڕۆکەوانەکەم دەست کەوێ، ناهێڵم دەربازی ببێت».

هەر روبەرێك ئەگەر بچوکیش بێت، لە تابلۆکان ئەرکێك لە خزمەتی باسە سەرەکییەکە ئەنجام دەدا. هەتا بۆشی کرا بێ، رەمزی بە فیگەر پڕی کردۆتەوە کە سەودای سەرەکییەکەیەتی. سەرجەم ٣٢ تابلۆو چەند سکێچێك، زیاتر لە ژمارەی خۆیان باسیان پێیە. ئەمە قسەی ئەدیبێکی ئەوروپایی هێنامەوە یاد کە پار بە یەکێ لە شاعیرەکانمانی وتبوو «حەسودی بە ئێوە دەبەم کە گەلێکن خاوەن مەسەلەیەکی ئەوتۆن کە کەرەستەی بێ شوماری کاری ئەدەبیی رەسەنی خستۆتە بەر دەستتان».

پێشوازیی تەماشاکەران:

هەر لقێکی هونەر یان ئەدەب جەماوەری تایبەت بە خۆی هەیە. روونە کە جەماوەری هونەری تەشکیلی (شێوەکار) لە کوردستاندا تایبەت و کەمە. بە واتایەکی تر، هونەری تەشکیلی پێش جەماوەرەکەی کەوتۆتەوە، بە پێچەوانەی لقێکی ئەدەبیی وەك رۆمان نوسین کە خوێنەری رۆمانی کورد لە سەرووی ئەو ئاستەیە کە رۆمانی کوردیی تێدایە.

ئەوەی مایەی سەرکەوتنە بۆ رەنجەکەی مامۆستا رەمزی ئەوەیە کە تەماشاکەران بەگشتی لە بەرامبەر تابلۆکاندا وەستێنران، هان دران بۆ دۆزینەوەو چێژ وەرگرتن لە هونەرێك کە هێشتا لە هەنگاوەکانی یەکەمی تەماشاکردنی دایە.

لەو دەفتەرەدا کە تەماشاکەران سەرنجی خۆیان تێدا تۆمار کردووە، یەکێ دەڵێ «هەرچەند حەواسەکانم ئەزیەت بدەم، ناتوانم نرخی راستەقینە بەم تابلۆیانە بدەم. هەتا نەهاتبوومە بەر تابلۆکان، نەمدەزانی لە دنیای رەسم ئەوەندە دوورم». ئەم هەستە کە چەند کەسێکی تریش دەریانبڕیوە، خاڵێکی سەرکەوتنی گرنگی بۆ مامۆستا رەمزی تۆمار کردووە چونکە ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە خەڵك ببزوێنێ. ئەوەی بۆی دەرکەوێ لە هونەرەوە دورە، دەتوانێ ماوەی نێوان خۆی و هونەرەکە بدۆزێتەوە. لە ئەنجامدا دەشتوانێ کورتی بکاتەوە.

ئەوەی چێژ لە کاری تەشکیلی بۆ خەڵك ئاسان دەکا، باوەڕهێنانە بەوەی چۆن گۆرانی شاعیر جار بووە نیوەشەو بۆ نوسینی شیعرێ لە خەو راپەڕیوە، بەیانی تەماشای کردووە بزانێ چیی نوسیوە، هونەرمەندیش جار هەیە بە فەرمانی حاڵەتێکی تایبەت ئیش دەکاو پاشان خۆیشی بە دوای نهێنییەکانیدا دەگەڕێ. دیارە هەر هونەرمەندێکیش رەوتی ئیشی خۆی هەیە. پیکاسۆ وتویەتی بەر لەوەی تابلۆیەك بنەخشێنم، لە مێشکم بە ئامادەیی دەیبینم. بەڵام سلڤادۆر دالی بە پێچەوانەوە دەڵێ لە ماوەی کار کردندا نهێنییەکانی هێڵ و رەنگ دەدۆزمەوە.

بۆیە وا چاکە لە تەماشاکردنی تابلۆیەکی هونەریدا هەوڵ بدرێ شت ببینرێ بەر لەوەی بزانین هونەرمەند ویستویەتی چی بڵێ، چونکە مەرج نیە تابلۆ وەك فنجانی قاوە هەر هێڵ و رەنگێك رەمزێکی تایبەتی هەبێت.

بۆ پێشانگاکەی رەمزیی هونەرمەندیش دوا قسە دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە ئیشەکان هەوڵێکی سەرکەوتوون بۆ خولقاندنی جوڵە لە وەستاندا و مەرگی پاڵەوان لە پڕدا تەحەداترین ساتەکانی نیشان دەدا.

سەرچاوە: رۆژنامەی « رێبازی نوێ»، ژمارە ٥، ١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٩، ل ٢٩- ٣٠.

## رەنج (کۆمیتەی رێکخستن)

کۆمیتەی رێکخستن. سەرەتا وەك شانەیەکی شەش کەسی لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٧٧ لە سلێمانی لەسەر

دەستی محەمەد سەعید خورشید پێك هات. پاشان کە پەرەی سەندو لقی لێ بۆوە، لە ساڵی ۱۹۷۹دا کرا بەکۆمیتە.

ئەم کۆمیتەیە سەر بە هێڵی گشتی بوو. دوای یەکگرتنی هێڵی گشتی و بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان (باڵی ناو یەکێتی) لە ۱۱ی ئەیلولی ۱۹۸۲و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کۆمیتەکە پەیوەندیی بە یەکێتیی شۆڕشگێڕانەوە کرد. سنوری سەرەکیی چالاکیی کۆمیتەکە ناو شاری سلێمانی بوو، بەڵام هەندێ لقی لە چەمچەماڵ و کەرکوك و لە ناو خوێندکارانی زانکۆی موسڵ هەبوو.

ساڵی ۱۹۸۳ شاهۆ نوری (بێستون) لێپرسراوەتیی کۆمیتەکەی گرتە ئەستۆ، ڕێکخستنی ئەم کۆمیتەیە پەرەسەندنێکی زۆری بەخۆوە بینی بە ڕادەیەك کە ژمارەی ئەندامانی لە ساڵی ۱۹۸۵دا گەیشتە ٤١٢ ئەندام. کۆمیتەکە جگە لە کاروباری ڕێکخستن، ڕۆڵێکی کارای هەبوو لەکۆکردنەوەی پیتاك و کۆمەك بۆ ماڵە شەهیدو گیراوەکان، بە تایبەتی لە سلێمانی و گەیاندنی دۆستانی یەکێتی لەخوارووی عیراقەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی و ناردنی زانیاریی پێویست دەربارەی جموجوڵی دەزگا ئەمنییەکان و نۆکەرانیان بۆ هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ۱۹۸۵ دەزگا ئەمنییەکان شاڵاوی گرتنیان دژی ئەندامانی کۆمیتەکە دەست پێکردو ژمارەیەکی زۆریان لێ گرتن کە دواتر هەندێکیان لەسێدارە دران و هەندێکی تریش زیندانی کران. لێپرسراوی کۆمیتەکە توانی خۆی لەشاڵاوی گرتنەکە دەرباز بکاو خۆی بگەیەنێتە هێزی پێشمەرگە، بەڵام جێگرەکەی، مەحمود پشدەری، لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدا.

دوا بەدوای ئەم شاڵاوی گرتنە، چالاکیی کۆمیتەکە دای لە کزی و نەیتوانی ڕۆڵی جاران بگێڕێ و زۆری پێ نەچوو لەبەر یەك هەڵوەشایەوە.

## ڕەنجدەر (ڕۆژنامە)


ڕەنجدەر
ژمارە -٢- ساڵی یەکەم تشرینی دووەم -١٩٧٦-
☆ ئۆرگانی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستانە ☆
لەسێدارەدانی سێ هاوڕێی تێکۆشەر

ئۆرگانی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان کەگروپێکی بان چەپی بچوکە، ساڵی ۱۹۷٦ لە سۆنگەی هەندێ مەسەلەی ئایدیۆلۆژییەوە لە کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان جیا بۆتەوەو بانگەشەی بۆ بەعیراقیکردنی خەباتی کرێکاران کردووە.

تەنها ۳ ژمارە لەم ڕۆژنامەیە دەرچووە، یەکەم ژمارە لە ناوەڕاستی ۱۹۷٦دا دەرچووەو ژمارە ۳ کە دوایین ژمارەیە لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵ دەرچووە. بەو پێیەی کە بابەتەکانی ڕۆژنامەکە بەدەست نەك بەتایپ لەسەر ستێنسل نوسراون و دواتر بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراون، دەردەکەوێ کە ڕۆژنامەکە کێشەی تەکنیکیی هەبووەو هیچ ئامێرێکی تایپ کردنی نەبوە. گوتاری سیاسیی ڕۆژنامەکە زۆرتر بیروباوەڕی بان چەپ بەسەریدا زاڵە. بابەتە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەکە لە ناوەڕۆکدا دژ بەپارتی کۆمۆنیستی عیراق و کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی

کوردستان بون، ئەویش لەو گۆشە نیگای ئایدیۆلۆژییەوە کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە بیروباوەڕی مارکسیزم لایداوەو ئەرکە چینایەتییەکانی خۆی بەجێ نەهێناوەو کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانیش تەنگبینیی نەتەوەیی بەسەریدا زاڵەو بەبیانوی نەتەوایەتی هەوڵی تێکدانی یەکریزی و یەکپارچەیی چینی کرێکاری عیراق دەدا.

تەمەنی رۆژنامەکە بە قەد تەمەنی رێکخراوەکەیە. کاتێك رێکخراوەکە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە لەبەر یەك هەڵوەشێنرایەوەو هەموو ئەندامەکانی دەستگیر کران و هەندێکیان لێ کوژران، رۆژنامەکە لەکار کەوت و ژمارەی دیکەی لێ دەرنەچوو.

## رەنجدەران (رێکخراو)

گروپێکی چەپە لە کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان جیا بۆتەوە. مێژووی پەیدابوونی بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە. لە بنەماو پاساوە ئایدیۆلۆژییەکاندا زۆرتر بەلای بیری عیراقچێتیدا دایدەشکاندو بانگەشەی بۆ پێویستیی بوونی حزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکاری بۆ سەرانسەری عیراق دەکرد.

ئەم گروپە بە ڕابەریی برایم خەلیل و برایم حەسەن دامەزراوە. لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا، گروپەکە لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا دەستەیەکی چەکداری لە ناوچەی هەڵەبجە بە سەرکردایەتیی برایم خەلیل پێك هێنا کە ژمارەی ئەندامەکانی دەوروبەری ١٢ کەس دەبوو. لەم سەروبەندەشدا کاروباری رێکخستنی ناو شاری سلێمانیی رێکخراوەکە بۆ برایم حەسەن هێڵدرایەوە.

لەو ماوەیەدا دایەلۆگ لە نێوان گروپەکە بە ڕابەرایەتیی برایم خەلیل و سەرکردەکانی کۆمەڵە دەستی پێکردو بەو سەرەنجامە گەیشت کە گروپەکە واز لە هەڵوێستەکانی پێشووی بێنێ و بە ڕێبازە ئایدیۆلۆژییەکەیدا بچێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵە. لەم سەروبەندەدا برایم خەلیل وا لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵە رێککەوت کە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی ناو شارەوە بکاو بڕیاری گەڕانەوەی رێکخراوەکە بۆ ناو کۆمەڵە بە ڕێکخستنەکان بگەیەنێ.

بەڵام لەم سەروبەندەدا دەزگا ئەمنییەکان برایم حەسەنیان دەستگیر کردو بەگرتنی ئەو، تەواوی پەیکەری رێکخستنی رێکخراوەکە لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، چونکە ناوبراو دەم و دەست هەموو رێکخستنەکانی ئاشکرا کردو تەواوی ئەندامەکانی بەگرت دا. دەستە چەکدارەکەی برایم خەلیلیش، دوای ئەوەی کە یەکێ لە چەکدارەکانی، خۆی رادەستی دەزگا ئەمنییەکان کرد، هەر ئەوەندەی بە خۆی زانی هەلیکۆپتەر چۆتە سەری و کەوتۆتە ویژەی. لە ئاکامدا یەك بە یەکی ئەندامانی دەستەکە شەهید بوون.

بەمجۆرە بە هۆی روخانی برایم حەسەنەوە دوا بە دوای شەهیدبوونی برایم خەلیل، لە چوارچێوەی کۆتاییەکی تراژیدیدا، رێکخراوەکە لەبەر یەك هەڵوەشایەوەو ئاسەواری نەما. ئەوانەی کە هاوکاریی دەزگا ئەمنییەکانیان کردو کەوتنە ئاشکراکردنی رێکخستنی رێکخراوەکە، بەر لێبوردنی رژێمی بەعس کەوتن. ئەوانەش کە دەستگیر کران، هەندێکیان داستانی قارەمانانەیان لەخۆڕاگریدا تۆمار کرد، هەندێکیان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداو زۆربەشیان سزای زیندانیی چەند ساڵێکیان بەسەردا سەپێنرا.

## رەنجدەران (گۆڤار)

گۆڤارێکی سیاسی- رۆشنبیرییە، پۆلی رێکخستنی هەڵەبجەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ دەری کردووەو نیاز وابوو مانگانە بە ڕێکوپێکی دەر بچێ. یەکەم ژمارە لە ساڵیادی لەسێدارەدانی سەرکردەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، هەر

یەك لە شەهاب شێخ نوری‌و جەعفەر عەبدولواحیدو ئەنوەر زۆراب، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ دەرچووەو ژمارە دوو لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٤، لە ساڵیادی شەهیدبونی رابەری کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان شاسوار جەلال ناسراو بەئارام، دەرچووە.

گۆڤارەکە تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە و تیراژێکی زۆر کەمی لێ بڵاوکراوەتەوە. هەردوو ژمارە بەدەست نوسراون و بە قەبارەی گۆڤاری بەرباخەڵ لە ناو ریزەکانی رێکخستنی پۆلی هەڵەبجە دەستاودەستیان پێ کراوە.

دەستەیەك سەرپەرشتیی دەرکردنی گۆڤارەکەی کردووە کەئەندامەکانی لە ئازاد تۆفیق، سەعید سەید قادر، عادل کەریم و ئارام مەجید پێك هاتبوون. کاوە شێخ مستەفا بەهۆی ئەوەی کە دەسخەتی خۆش بووە، ئەرکی نوسینی بابەتەکانی هەردوو ژمارەی گرتۆتە ئەستۆو ئەسغەر رەشید وێنەی بەرگی کێشاوە. گۆڤارەکە لە دوتوێی بیست لاپەڕەدا چەردەیەك بابەتی سیاسی‌و رۆشنبیری‌و ئایدیۆلۆژی‌و ئەدەبیی لەخۆ گرتبوو. ئەم گۆڤارە لە ئەرشیفدا دەستناکەوێ.

## رەنج عەبدولحەمید محەمەد



کادیری تەکنیکی. ناسراو بە رەنجەی موهەندیس. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی کارەبای کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا. ئایاری ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. هەر ئەو ساڵە، بۆ سوود وەرگرتن لەشارەزایی و زانستی، گوێزرایەوە بۆ توژەڵە بۆ بەشی تەکنیکیی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان و لەم رووەوە رۆڵی کارای هەبوو لەکارکردن لەگەڵ دەستەی ئەندازیاراندا بۆ بەگەڕخستنەوەی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان. لە ماوەی نێوان ١٩٨٠- ١٩٨٨ لێپرسراوی بەشی تەکنیکیی رادیۆ بوو.

لە پێشمەرگایەتیدا بەشداریی هەردوو کۆنفرەنسی یەکەم و دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کردووە لە ساڵانی ١٩٨١و ١٩٨٢.


ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩ لە هەولێر پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بووە کادیری رێکخستن لە مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوك، هەر ئەو ساڵە بووە لێپرسراوی کۆمیتەی یەکی ئاوارەکانی کەرکوك لە هەولێرو دواتر بووە کارگێڕی مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوك.

ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەندامی کۆمیتەی باڵای یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان و دواتر لێپرسراوەتیی یەکێتییەکەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٩٣ لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەڕێوەبەری گشتیی تەکنیکی لە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەولێر دامەزرا. ساڵی ١٩٩٤ رۆڵێکی دیاری لە دامەزراندنی رێکخراوی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستاندا گێڕا. ساڵی ١٩٩٩ بووە بریکاری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠٠٩ بووە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

# رەنگاڵە (گۆڤار)





گۆڤارێکی هونەرییە کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٠ لە شاری سەقز لە کوردستانی ئێران دەری کردووە. سەرنوسەرەکەی فازل قەسابە. دەستەی نوسەرانی نیە. تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە ١ لە زستانی ١٩٩٠ بە قەبارەی ٢٩,٥سم بە ٢١ سم لە دوتوێی ٩٢ لاپەڕەو ژمارە ٢ لە هاوینی هەمان ساڵو بە هەمان قەبارە لە دوتوێی ١٠٢ لاپەڕە دەرچووە.

لە ڕوی دیزاین و بەرگ و تایپ و چاپەوە، بە بەراورد لەگەڵ چاپکراوەکانی پێشتری ڕۆژگاری پێشمەرگایەتی، پێشکەوتوترە. لە دیزایندا جوانکارییەکی زۆری تێدا کراوەو بە وێنەو هێڵکارو کاری شێوەکاری رازێنراوەتەوە.

سەروتاری ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە ژمارەکەی بە ئەزمونی ناو بردووەو ئاماژەی بەوە داوە کە کەرەستەکانی ژمارەکە لە هاوینی ساڵی پارەوە ئامادە کراون بەڵام «گرفت و نەداری» دەرفەتی دەرکردنی گۆڤارەکەی ڕێك نەخستووە. سەروتارەکە بە مێژوی گۆڤارە هونەرییەکانی رابردودا چۆتەوەو هەر یەك لە گۆڤاری «تیشکی هونەر»ی تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانیو گۆڤاری «شانۆ»ی لقی سلێمانیی سەندیکای هونەرمەندان و گۆڤاری «هۆرە»ی کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان و گۆڤاری «شانۆ»ی کوردەکانی سویدی بەسەر کردۆتەوە. پەیامی گۆڤارەکە لە سەروتارەکەدا بەم چەشنە گوزارشتی لێ کراوە» بە هۆی نەبونی گۆڤارێکی تایبەت بە هونەر، هونەرمەندان ناچار بون پەنا بەرنە بەر ئەو چەند ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەدەبیو ڕۆشنبیرییانەی فرسەتێکی کەمیان دراوەتێ تا بەرهەمەکانیان تێدا بڵاو بکەنەوە. ئاشکراشە کە سەرپاکی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە لە لایەن رژێمەوە بەڕێوە دەبرێن و هەموو وتارێك تیایاندا سانسۆر دەکرێ. لەبەر ئەو هۆیانە، بوونی گۆڤارێکی هونەری بە پێویست دەزانین تا بتوانێ هاوڕای کاروانەکە بێ». سەروتارەکە کە پێشتر ژمارەی یەکەمی بە ئەزمونی ناو بردووە، لە کۆتاییشدا دیسان جەختی کردۆتەوە سەر ئەوەی کە ژمارەکە «لە پلەی یەکەمدا وەك تاقیکردنەوە» دەردەچێ.

کێشەی دارایی دەرفەتێکی زۆری بۆ دەسختنی تیراژێکی زۆری هەڵنەخستبوو، بە ڕادەیەك کە سەرنوسەری گۆڤارەکە لە سەروتاری ژمارەی دواتردا ناچار بوو پاساو بۆ تیراژە کەمەکە بێنێتەوەو بڵێ «بۆ بە ئەنجام گەیاندن و چاپ و بڵاوبونەوەی ئەم ژمارەیەی رەنگاڵە، لە ڕوی تایپ و تیراژی چاپەوە دوچاری زەحمەت و بێ توانایییەکی زۆر بووین. نوسخەکانی ئەم ژمارەیە هێندە کەمن کە دابەش کردنیان دەبێتە مایەی گلەیی خوێنەران و مەحروم




بوونی زۆریان له بینینی. بەڵام ئەمڕۆ گیرفانی بەتاڵی ئاوارەیی هەر ئەوەندەی پێ هەڵدەسوڕێ».

لەگۆڤارەکەدا بابەتە بڵاوکراوەکان، بەو مەبەستەی کەگوزارشت له فرە ڕەنگیو هەمەچەشنی بکەن، زۆر بە وردی هەڵبژێردراون و لەم ڕووەوە گۆڤارەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بوارەکانی نیگارکێشان و موزیك و گۆرانی و شانۆو سینەمای گرتۆتە خۆ. لە ناو بابەتەکاندا، سەرەڕای بایەخدان بە خەمەکانی هونەری کوردی، بایەخ بە چەند بەهرەوەرێکی بەناوبانگی جیهان دراوە لەوانە بتهۆڤن، ڕێنوار، لۆرکا، سارتەر، چارلی چاپلن، ساموئیل بیکیت، ئەندرێ تارکۆفسکیو گابریێل گارسیا مارکیز. چەردەیەك چاوپێکەوتنێکیش لەگەڵ چەند هونەرمەندێك بڵاوکراوەتەوە لەوانە چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە جەزا حاجی عەلی، جەلال عەزیز، مراز جەعفەرۆف ئۆزویڤیچ.

گۆڤارەکە پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لێ کراوه. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کەپاش بڵاوبونەوەی ژمارەی یەکەم چەندین نامەی پیرۆزبایی و دەستخۆشی بە گۆڤارەکە گەیشتوە لەوانە نامەکانی جەلال تاڵەبانی، هێرۆ برایم ئەحمەد، فەلەکەددین کاکەیی، فەرەیدون عەبدولقادر، سامی عەبدولڕەحمان، مەکتەبی ڕاپەڕاندنی بەرەی کوردستانی، کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (کرا)، یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان و یەکێتیی نوسەرانی کوردستان.

ژمارەیەکی زۆر نوسەرو هونەرمەندو رۆژنامەنوس بەوەرگێڕان و نوسین بەرهەمیان لە گۆڤارەکە بڵاوکردۆتەوە لەوانە سیروان عەلی، ئاکۆ غەریب، عەباس عەبدولڕەزاق، ڕێبین ئەحمەد هەردی، جەوهەر کرمانج، تارا شێخ عوسمان، یوسف شەریف، حەمە ساڵح سوزەنی، ئەرسەلان بایز، موەفەق دەرگەڵەیی، کامەران قازیو قادر محەمەد ئەحمەد. هەندێکیان ناوی خوازراویان لەسەر نوسینەکانیان داناوە.

## پاشکۆ

## پێشەکیی کۆپیی سەرلەنوێ لەچاپدراوی گۆڤاری ڕەنگاڵە
## (٢٠١٧)
### نوسینی: فازل قەساب

پاییزی ساڵی ١٩٩٠ کۆبوونەوەیەکی فراوانی کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە شاری سەقز بۆ هەڵبژاردنی دەستەی نوێی کۆمیتەو دەستنیشانکردنی کاروباری چالاکییەکانی داهاتووی بەسترا.

یەکێك لە ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەکە دەرکردنی گۆڤارێکی هونەری بوو کە ببێتە زمانحاڵی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان. بەندە کە سوور بووم

لەسەر ئەوەی نەمدەویست ببمە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری، ئەرکی سەرنووسەریێتیی گۆڤارەکەیان پێ سپاردم و منیش بە خۆشحاڵییەوە قبووڵم کرد.

دەستەیەکی نووسەران بۆ گۆڤارەکە دەستنیشان نەکرا، بەڵام دواتر من تەنها نەبووم، بەڵکو هونەرمەندان ڕێبوار سەعید وەك دەرهێنەری هونەری و هونەرمەند ئاکۆ غەریب دیزاینی ژمارەی یەکەم و سکێچیان بۆ زۆربەی وتارەکان کرد، هەروەها نابێ دەستڕەنگینیی هەر یەك لە هونەرمەندان عوسمان قادرو ڕێبوار خالید (ئەردەڵان) لە بیر بکەین.

سەرەتا بیرمان لە ناوێکی شیاو بۆ گۆڤارەکە کردەوە. بەر لەوەی هیچ ناوێك پێشنیار بکرێ ڕێبوار کە تازە ژیانی هاوسەریێتیی پێکهێنابوو وتی کەئەو ناوێکی دەستنیشانکردووە بۆ منداڵی داهاتوویان و ڕەنگە ئەو ناوە بۆ گۆڤارێکی هونەریی لەو جۆرەی ئێمە لەبارو شیاو بێ. ناوەکەی کاکە ڕێبوار (ڕەنگاڵە) بوو کە بەلامەوە زۆر لەبار بوو، دواتریش هەڤاڵانی کۆمیتە پەسندیان کردو بەو جۆرە دەستبەکار بووین.

ئێمە وەك کۆمیتەی شاخ بودجەیەکی ئەوتۆمان لە بەردەستدا نەبوو، بەڵکو دەکرێ بڵێم کە هەر بودجەمان نەبوو، بۆیە لە پلەی یەکەمدا پشتمان بە خۆمان دەبەست، خۆشمان تەنها سەرچاوەی داراییمان یارمەتیی مانگانەی پێشمەرگانە بوو. ئەی کەواتە پشت بە چی ببەستین؟.

کۆمیتەی شاخ تەنانەت ئامێری تایپکردنیشی نەبوو، لەبەر ئەوە دەبێ بە سوپاس و پێزانینەوە ئاماژە بۆ کۆمەکی هونەریی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەین کە پێشمەرگەکانی ئەو دەزگایە وتارەکانیان بۆ تایپ دەکردین، باشترین ئامێری تایپکردنی ئەو کاتانەش IBM بوو.

لێرەوە دەبێ هەوڵ و ماندوو بوونی پێشمەرگە تایپیستەکانی ڕاگەیاندن لەیاد نەکەین بەتایبەتی برایان کاك بەختیار محەمەد شەریف، کاك حەمە ڕەشید، کاك سۆران جەلال و کاك ئاسۆس.

ئێمە دەست بەکار بووین بەر لەوەی بیر لەسەرچاوەی دارایی چاپکردنی گۆڤارەکەمان بکەینەوە، شوێنێکیشمان نەبوو جگە لەو دەستگیرۆییەی دەزگای ڕاگەیاندن، بۆیە لە زۆربەی کاتەکان ماڵی کاك ڕێبوارمان کردبووە شوێنی مۆنتاج و وردەکارییەکان.

نووسەرێکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نەبوو وتار بۆ گۆڤارەکە بنوسێ، بە ئاسانیش دەستمان نەدەگەیشتە نووسەران و هونەرمەندانی شارەکانی کوردستان، بۆیە لە پاڵ نووسیندا پشتمان بە وەرگێڕانیش دەبەست بەتایبەتی لە زمانی فارسییەوە.

ئەگەر سەرنجێکی دوو ژمارە تاقانەکەی ڕەنگاڵە بدەن، تێبینی دەکەن لە کۆی پەنجا و دو وتار و بەسەرکردنەوەو هەواڵی هونەری، حەڤدە وەرگێڕانی تێدایە واتە ڕێژەی وەرگێڕان سێیەکی کۆی وتارەکانە ئەویش لەبەر ئەوەی لە ناو شارەکانی کوردستانی باشووردا کەس ئاگاداری دەرچوونی گۆڤارێکی لەو جۆرە نەبوو. وەك ئاماژەشمان بۆ کرد تواناکانی دەوروبەرمان سنووردار بوو، بۆیە ناچارانە وا دەبوو کەسێك زیاتر لە وتارێکی هەبێ، بگرە دوان و سیان و چواریش. بۆ نموونە لە ژمارەی یەکەمدا بەندە کە سەرنووسەری گۆڤارەکە بووم جگە لە سەروتار حەوت وتارو وەرگێڕانی ترم هەبووە. هەڵبەتە لە ژمارەی دووەمدا ئەو بارەی سەرشانی من کەمتر بۆتەوە. زۆربەی وەرگێڕو نووسەرەکان لە هەردوو ژمارەکەدا دووبارە بوونەتەوە، بۆ نموونە هاوڕێمان ڕێبین هەردی لە هەردوو ژمارەکەدا بە دوو وەرگێڕان بەشداریی کردووە.

سەرچاوەی سەرەکیمان بۆ وەرگێڕان زمانی فارسی بوو، کتێبخانەی ئێرانیش تا بڵێی دەوڵەمەندە. زۆرێکیش لەلاوەکانمان سەرقاڵی فێربوونی ئەو زمانە

بوون، بۆیە لە ڕووی وەرگێڕانەوە گرفتێکی ئەوتۆمان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پانتاییەکی فراوانمان بۆ بەسەرکردنەوەی چالاکییە هونەرییە کوردییەکان تەرخان کردبوو، جگە لە وتاری تایبەت بە شانۆو موزیك و شێوەکاریی کوردی.

کە ژمارەی یەکەم کەوتە بەردەست نامەو دەستخۆشیی زۆرمان لێ کرا. شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس لە سویدەوە نامەیەکی بۆ ناردین تیایدا دەڵێ:

«ڕەنگاڵەم خوێندەوە... پیرۆزباییتان لێ ئەکەم، پەنجەرەیەکی ڕووناکە، ئومێد ئەکەم ئەم مەشخەڵە نەکوژێتەوە، ئەم بارانی پەڵەی هونەرە ئەم کێڵگەیە بەپیتتر بکات و گەرووی ئەم مەلە ڕەنگاڵەیەمان لە خوێندن نەکەوێت. ئەم نەمامە گەورە بێت و پەلوپۆ بهاوێت. هەتا بایەخ بەدیراسات و لێکۆڵینەوە بدەن کەمە».

هەروەها لە فەرەنساوە هاوڕێی شاعیرو نووسەر فەرهاد پیرباڵ لە نامەیەکی پیرۆزباییدا پێمان دەڵێ:

«لە ناخی دڵەوە بە باوەڕێکی پتەوەوە پیرۆزباییتان لێدەکەم.. باوەڕێکی زۆرم بە ڕۆڵ و توانای فیکری و هونەریی ئێوەمانان هەیە، لەوەی بتوانن جۆش و خرۆشێك، گوڕێك بدەنە ژیانی هونەری و ئەدەبی و فیکریی شارەکانی کوردستانی ئێران».

کە ژمارەی یەکەم چاپ و بڵاوکرایەوە ڕاستەوخۆ کەوتینە خۆ ئامادەکردن بۆ ژمارەی دووەم. لە ماوەیەکی کەمدا وتارەکان نووسران و تایپ کران. مۆنتاجی لاپەڕەکان تەواو کرا. هەڵبەتە بۆ ئێمە نەدەکرا لە دەزگای ڕاگەیاندن ئامێری ڕۆنیۆکەیان بەکار بێنین بۆ چاپکردنی ئەو تیراژەی دەمانویست، بۆیە ناچارانە یەك دوو کۆپیمان بە ڕۆنیۆ چاپ کردو تیراژی تەواوەتیمان بەئامێری کۆپی کردن لە دوکانێکی شاری سەقز ڕاکێشا کە وەك لە بیرم مابێ نزیکەی سی چل هەزار تمەن خەرجییەکەی بوو، ئەو بڕە پارەیەش بۆ ئەو کاتە گەلێك زۆر بوو پێمان هەڵنەدەسووڕا، لەبەر ئەوە بڕیارمدا تەلەفزیۆنی ماڵەکەم بفرۆشم بۆ دابینکردنی خەرجیی کۆپی کردنی ژمارەی دووەم. بەر لەوە کاك عەتاو کاك محێدینی خاوەنی دوکانی کۆپی بە قەرز کارەکەیان بۆ ئەنجامداین. ئەوان زۆرتر دۆستی کاکە ڕێبوار سەعید بوون کە تا ئێرانیشیان جێهێشت هەر بە بەرێوەبەر بانگیان دەکرد. باش بوو کار نەگەیشتە فرۆشتنی تەلەفزیۆنەکەم چونکە کاکە ڕێبوار لە فەرەنساوە تێچووی چاپەکەی بۆ ناردین و قەرزەکەمان دایەوە.

مۆنتاجی گۆڤارەکە

دەزگای مۆنتاج بریتی بوو لە سندوقێکی لاکێشە کەبەشی دواوەی چەند سانتیمەترێك لە پێشەوەی بەرزتر بوو، شووشەیەکی دەخرایە سەرو دوو گڵۆپی نیۆن لە ناویاندا دادەنرا بۆ ڕووناك کردنەوەی ئەو لاپەڕانەی مۆنتاج دەکران. شووشەی سەر سندووقەکە لە چوارچێوەیەکدا لە شێوەی دەرگا بە ئینجامە دەبەسترا، بەو شێوەیە سندوقی مۆنتاج بۆ هەڵگرتنی کەرەستەکانی وەك کەتەرو مقەست و کەتیرەو ڕاستەش بەکار دەهات.

لەو شتانەی پێویستە ئاماژەیان پێ بدرێ ئەوەیە دوای بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەم گۆڤارەکەمان دەنگ و سەدایەکی باشی هەبوو، چونکە تا ئەو کاتانە گۆڤارێکی لەو جۆرە لە کوردستاندا بوونی نەبوو. هەر بۆیە سنووری بڕی‌و کۆپییەکانی گەیشتنە ئەورووپاو ئەمریکاو ئوستورالیاو ڕوسیاش. لە مۆسکۆوە هاوڕێی هێژامان دکتۆر موەفەق دەرگەڵەیی چاوپێکەوتنێکی دەگمەن و دانسقەی بۆ سازداین لەگەڵ هونەرمەندی شانۆکاری کوردی جۆرجیا مراز جەعفەرۆڤ ئوزویڤیچ کە تیشك دەخاتە سەر ژیان و کەلتوورو چالاکییە هونەرییەکانی کوردەکانی ڕووسیا.

ڕەنگاڵە لە کات و شوێنی خۆیدا پەنجەمۆرێك بوو تەنها لە ڕوانگەی چالاکی و خزمەت بە هونەری کوردییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە بە بێ بەرامبەرو

خۆبەخشانە کارەکانی ئەنجام دەدران.

ئێستاش بە زیندوو کردنەوەو سەرلەنوێ چاپکردنەوەی ئەو گۆڤارە لە لایەن ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانەوە کە خەڵکانی دەرەوەی کوردستان زۆرتر پێی ئاشنا بوون وەك لە ناوەوەی وڵات، ئاوێکی فێنك دەڕژێنێتە هەناومانەوە.

لێرەوە پڕ بە دڵ سوپاسمان بۆ ئەو کەسانە دەنێرم کە ئەو بیرۆکەیەیان بە ئەنجام گەیاند، لەسەروویانەوە هونەرمەندی هێژا مامۆستا دلێر ئیبراهیم کە پێشنیاری چاپکردنەوەی رەنگاڵەو هەروەها گۆڤاری هۆرەی کرد، هەروەها برای رۆشنبیر و خەمخۆر کاك فەرید ئەسەسەرد کە لێبڕاوانە بە ئەنجامی گەیاند. دەستخۆشیی زۆریشمان بۆ ماندووبوونی لەڕادەبەدەری ئەمیرە خان کە هەردوو ژمارەکەی پاك کردەوەو ئامادەی کرد بۆ سەرلەنوێ چاپکردنەوە.

لێرەوە جێی خۆیەتی بڵێین دەبوایە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان چاپکردنەوەی ئەو گۆڤارەی لە ئەستۆ بگرتایە چونکە زمانحاڵی ئەو یەکێتیی هونەرمەندانە بوو کە ئێستا ناوی کراوەتە سەندیکا.

## رەواندز (راپەڕین)

راپەڕینی شاری رەواندز لە١٩ی ئایاری ١٩٨٧ کە تێیدا جەماوەری راپەڕیو، دوای شەڕو پێکداداچوونێکی سەخت لە ناو شارو دەوروبەری، دەستی بەسەر شارەکەدا گرت.

یەك رۆژ پێش راپەڕینەکە، هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق و جاشەکان پەلاماری دۆڵی ئاکۆیانی دابوو و هەوڵی دابوو ئامانجە خوازراوەکانی هێرشەکە بەدی بێنێ. لە١٨ی ئایاردا هێرشەکە سەعات ٤ لە بەری بانەشان، لە پشتی بەرەزان و لۆغان، دەستی پێ کرد. هێزی پێشمەرگە بەشێکی رێوبانەکانی مینڕێژ کردبوو، بۆیە لە یەکێ لەو رێوبانانەی کە هێزەکەی پێدا هات، مینێك لە ژێر پێی جاشێك تەقییەوەو بووە مایەی کوژرانی. لەو قۆڵەدا هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری لە هێزەکەی دوژمن هاتنە دەست و زیانێکی زۆریان پێ گەیاند.

لێپرساوانی هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری بەپێی پلانێکی تۆکمە هێزەکانیان بەسەر کەپکی لۆغان، سەربانەشان، رەشکی بانەشان، گەروی سەران، کێل کێل، ئەشکەوتی مام شەمسێ، رەبیەی گردبوزیناو بانکورتەکدا دابەش کردو لەم سەروبەندەدا دۆشکایەك لەسەر بانەشان دانراو دۆشکایەکی تر لە بانێ پاتەکولا لەسەر نیشاوێ، هاوەنێکی ١٢٠



ملیمیش لەسەر دەفرێ لەزیخی گەرەوان جێگیر کرا.
شەڕ سەرتاسەری بەرەکانی گرتەوەو لە هیچ بەرەیەکدا هێزەکانی دوژمن پێشڕەوییان نەکرد. سەعات ٨ شەڕەکە بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری کۆتایی هات. هێزەکانی دوژمن تێك شکانو بە شپرزەیی دەستیان بەکشانەوە کرد. لەگەڵ شکستی هێرشەکەدا، تۆپباران و موشەکبارانێکی خەست دەستی پێ کرد کە تێیدا تۆپی دورهاوێژو کاتیۆشا بەکار هات. تۆپباران و موشەکبارانەکە زۆرتر ڕەشکی بانەشان و پاتەکولای گرتەوە کە دوو دۆشکاکەی لێ بوو. لە ئاکامدا هەردوو دۆشکا تێك شکێنران، پێشمەرگەیەك بە ناوی ڕەفیق هەولێری شەهید بوو، حەوت پێشمەرگەش بە ناوی جەمال کەریم، عەلی بێجانی، محەمەد قادر، بێباك محەمەد، قادر محەمەد زیاد، کەمال هاشم و حەمەد بەگ بە سەختی بریندار بون.
دوای تۆپباران کردن و لێخستنی دوو دۆشکاکە، هێزەکانی عیراق بەپانایی دۆڵەکە هێرشی دووەمیان دەست پێکردو هەوڵیاندا لە بەری بنەکاول لە بناری چیای هەندرێن دزە بکەن بەڵام تەقینەوەی ئەو مینانەی لە کەپکی لۆغان و بانەشان و گردبوزینا چێنرا بون، تەواوی ڕەوتی شەڕەکەی بە قازانجی پێشمەرگە گۆڕیو بە دەیان سەربازو جاشی کوشت، بەتایبەتی لە گردبوزینا. هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری لە تەواوی بەرەکان زیانی گەورەیان بەهێزەکانی دوژمن گەیاند. ژمارەیەکی زۆری هێزە هێرشبەرەکە خۆی بەدەستەوە داو بڕێکی زۆری چەك وەك دەستکەوت دەستی بەسەردا گیرا. لەبەرەکانی شەڕدا پێشمەرگەیەك بە ناوی ئیسماعیل سلێمان لە بەری هەندرێن بریندار بوو.
لەشکرکێشییەکە شکستێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی. بەدرێژایی ڕۆژ هێزەکانی عیراق سەرقاڵی گواستنەوەی بریندارەکان و لاشەی کوژراوەکان بون. هێزە شکستخواردووەکە بە شەرمەزارییەوە بەناو ڕەواندزدا، بە بەرچاوی خەڵکی شارەکەدا، کشایەوە. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گەڕەکی ناوڕەزان لە کاتی کشانەوەی هێزە بەزیوەکەدا دەستیان بەهۆیهای کردو کەوتنە پلارگرتن لە هێزەکە.
لە١٩ی ئایاردا فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە شکستخواردووەکە شۆفلێکی بە یاوەریی هێزێکی پێکهاتوو لە ئەفسەرێك و چەند سەربازێك ناردە گەڕەکی ناوڕەزان بۆ روخاندنی ریزە خانویەك کە خەڵکەکە لەوێوە هۆیهایان لە هێزە شکستخواردووەکە کردبوو. لەم سەروبەندەدا مشتومڕێکی سەخت لە نێوان هێزەکەو چەند جاشێکدا رویدا. جاشەکان دژی ئەوە بون ریزە خانووەکە بڕوخێنرێ. مشتومڕەکە شەڕی لێ کەوتەوەو هەر لەوێدا ئەفسەرەکە کە ناوی ئەحمەد مەحمود سوڵتان بوو، لەگەڵ چەند سەربازێکدا کوژران. پاشماوەی هێزەکە لە هەوڵی راکردندا بوو، لەگەردەگەرد درایە بەر دەستڕێژی گوللە. شەڕەکە گەڕەکی شۆڕشیشی گرتەوەو پێکدادان لە نێوان چەکدارانی ناو شارو تانکێکی سوپا رویدا، لە ئاکامدا تانکەکە نەیتوانی پشتیان لێ بگرێو کشایەوە.
بەمجۆرە، شار خڕۆشاو بە بڵندگۆی مزگەوتی شار جاڕی راپەڕین درا. لەدرێژەی روداوەکاندا چەك بەسەر هاووڵاتییاندا دابەش کرا. شەڕ لە ناو شار گەرم بوو. راپەڕیوەکان هێرشیان کردە سەر ڕەبیەکانی دەوروبەری ڕەواندز. لە ناو شاریش هێرش کرایە سەر ڕەبیەکانی بەنزینخانەی ملتۆکرو پەلاماری بارەگای حزبی بەعس و سەرا دراو دەست بەسەر هەردوکیاندا گیرا. زۆربەی ئەوانەی لەڕەبیەکاندا بون، چەکداری میلیشیاکانی جەیش شەعبی بون کە زۆربەیان چەك کران و بەدیل گیران.

زۆربەی بەرپرسە حکومییەکان و هێزەکانی ناو شار بۆ بارەگای فەوجی سپیلك رایانکردبوو. لەم سەروبەندەدا پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران و تیپی ١٩ی کۆڕەك و هێزی پشتگیری هەلی تەنگەتاویو تەنگ پێ هەڵچنینی هێزەکانی عیراقیان لە ناو ڕەواندزو دەوروبەری قۆستەوەو لە دوو قۆڵەوە هێرشیان کردە سەنگەرەکانی هێزەکانی عیراق. لە قۆڵی یەکەمدا هێرشیان کردە سەر ڕەبیەکانی گرنە شەمك و سورەبان و قەڵای شوشیو لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان بەسەردا گرت و ١٥ چەکداری جەیش شەعبییان تێدا بەدیل گرت. لە قۆڵی دووەمدا هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجی سپیلك و تەنگیان پێ هەڵچنی. بەڵام هێرشی جەماوەری ڕاپەڕیو لە لایەك و هێرشی هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری لە لایەکی ترەوە بۆ سەر بارەگای فەوجەکەی سپیلك بەئامانجی خوازراو نەگەیشت چونکە دەوروبەری بارەگای فەوجەکە بەرەبیە تەنرابوو، چەند تانکێکیشی لێ جێگیر کرابوو.

لە ڕاپەڕینەکەدا دوو هاووڵاتیی شارەکە ڕۆڵێکی کارایان لە هاندانی هاووڵاتییاندا گێڕا. یەکێکیان مەلا خدر وەرتێی ئیمام و وتارخوێنی مزگەوتی ڕەواندزە، ئەوی تر محەمەد زێنەددین گەرەوەییە. یەکەمیان لە مزگەوتی شار هاووڵاتییەکانی جۆشداو دووەمیان کە تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵ دەبوو چەکی هەڵگرت و لاوانی شاری هاندا هەڵمەت بەرنە سەر بارەگای حزبی بەعس و خۆیشی بەشداریی لەهێرشدا کرد، لەبەر دەرگای بارەگاکەدا پێکراو شەهید بوو.

ناو شار بە تەواوی لە دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی حکومەت و بەرپرسە حکومییەکان پاك کرایەوەو هێزەکانی عیراق زیانێکی زۆریان بەر کەوت. سەرچاوەکان لەسەر دیاریکردنی قەوارەی زیانی هێزەکانی عیراق یەکدەنگ نین. میانڕەوترین سەرچاوە زیانەکانی وا مەزەندە کردووە کە بە هیچ شێوەیەك لە ٧٠ کوژراو کەمتر نیە. کوژراوەکان بەسەر ئەفسەرو سەربازو کارمەندی ئاسایش و کادیری حزبی بەعس و چەکداری جەیش شەعبیدا دابەش بون، سەرباری ژمارەیەکی زۆری بریندارو ژمارەیەك دیل کە دواتر ئازاد کران.

ڕاپەڕینەکە چەند شەهیدێکی لێ کەوتەوە لەوانە محەمەد زێنەددین گەرەوەیی، محەمەد کوردە، ئازاد عەزیز شاکر، جوان عیسا خدر، قادر سەرانەییو محەمەد حسێن فریاد.

دانیشتوانی شار ترسی کاردانەوەی توندی هێزەکانی عیراقیان لێ نیشتبوو. بەهۆی ئەمەوە شارەکەیان چۆڵ کردو رویان کردە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق. ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان و زۆربەی ئەو چەکدارانەی کە لەمەوبەر وەك جاش خزمەتی حکومەتی عیراقیان دەکرد، پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. ڕۆژانی دواتر، دانیشتوانی سیڤیل پەیتا پەیتا گەڕانەوە بۆ ناو شار. دامودەزگاکانی حکومەت هیچ هەڵسوکەوتێکیان لە دژیان نەنواند.

پاش چەند مانگێك سەرۆکایەتیی دادگای سەورە لە بەغدا ڕاگەیەندراوێکی بەژمارە ٢٨٢٣ لە ڕۆژنامەکانی عیراقدا بڵاو کردەوە، تێیدا داوای لە ٢١ هاووڵاتیی بەشداربوی ڕاپەڕینەکە کردبوو، لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا خۆیان بەدەستەوە بدەن و هەڕەشەی ئەوەشی کردبوو کەئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا لەبەردەم دادگادا ئامادە نەبن، دادگا کاری خۆی دەکاو فەرمانی خۆی لەبارەیانەوە دەردەکا. داواکراوەکان کە لەڕاگەیەنراوەکەدا بە «تۆمەتباری ڕاکردوو» ناویان هاتبوو، خۆیان بەدەستەوە نەدا بەڵام دواتر سودیان لەبڕیارێکی لێبوردنی گشتی وەرگرت. داواکراوەکان ئەمانە بون: ئەیوب حەمەد ئەمین عەبدوڵڵا ماویلی، سابیر حەمەد ئەمین عەبدوڵڵا ماویلی، محەمەد مەغدید مستەفا،

ئازاد مەغدید مستەفا، کەمال خالید ڕەشید حسێن ناسراو بەمەلا خالید، دلێر ڕەشید بایز عەلی، محەمەد حەمەد ئەمین مستەفا، ئازاد محەمەد حەمەد ئەمین مستەفا، تاهیر محەمەد حەمەد ئەمین مستەفا، فەتاح خالید حەمەد ئەمین عومەر، مەغدید مستەفا ئەبوبەکر حەمەد ئەمین، خالید محەمەد ئەمین عومەر سۆفی، ئەسعەد سالح حەکیم سالح، خالید حسێن حەمەد ئەمین جۆلا، لوقمان حسێن حەمەد ئەمین جۆلا، زوبێر حسێن حەمەد ئەمین، شوعەیب کەریم سەعید ئەکرەم، حەسەن حسێن سەید ئەحمەد، عەدنان ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد، حەسەن ڕەشید حەسەن و مەهدی برایم عەبدوڵڵا سلێمان.

پاش تێپەڕبونی زیاد لە ساڵێك بەسەر ڕاپەڕینەکەی ڕەواندزدا، لە یەکێ حوزەیرانی١٩٨٨دا هێزەکانی عیراق کەوتنە روخاندنی خانوی ٢٤ هاووڵاتیی شارەکە لەوانەی کە ناویان لە لیستی بەشداربوانی ڕاپەڕینەکەدا هەبوو، سەرباری بەتاڵان بردنی ماڵی دەیان کەسی تر کە ئەوانیش ناویان لە لیستەکەدا بوو.

هەروەها لە١٥ی حوزەیراندا هێزەکانی عیراق گەمارۆی شارەکەیان داو ڕێیان بەکەس نەدا بچێتە دەرێ، پاشان کەوتنە گەڕان بەدوای هەموو ئەوانەی بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا کردبوو کە ژمارەیان نزیکەی ١٨٠ هاووڵاتی دەبوو لەوانە ١٣ کەسیان شوێن بزر کران، ئەمەش ناوەکانیانە: خدر باپیر وەرتی، عەبدوڵڵا خدر جۆلا، حەسەن عەلی حسێن، ئیسماعیل حاجی سەدرەددین، وریا سەعید ڕەزاق، سەلیم ئەسعەد، ئەمین ناوخۆش، سەردار تەها بەکر، ڕێبوار حەسەن یوسف، شێرزاد جەبار مام شێخ، عەبدولڕەزاق خدر مام شێخ، فازیل وەستا شافیو عیسا محەمەد عەلی.

پاش تێپەڕبونی ١٨ ساڵ بەسەر شوێن بزرکردنی ١٣ هاووڵاتییەکەدا، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦دا گۆڕی شەهیدەکان لەسەر ڕێگای هەولێر- مەخمور دۆزرایەوە.

## ڕەواندز- بێخاڵ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی تیپی ١٢ی سۆرانە لەسەر ڕێگای ڕەواندز- بێخاڵ. شەوی ١٠ لەسەر ١١ی ئەیلولی ١٩٨٦ مەفرەزەیەکی تیپی ١٢ی سۆران بۆسەیەکی لەسەر ڕێی ڕەواندز- بێخاڵ دانا. هێزێکی جاشەکان کەوتە بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان دایانە بەر ئاگری چەکەکانیان.

لەم سەروبەندەداو پاش دامەزرانی شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو جاشەکان، هێزێك لەسەربازگەی ڕەواندزەوە بە پەلەپروزێ بۆ فریاکەوتنی جاشەکان دەرچوو بەڵام بەر لەوەی بگاتە شوێنی بۆسەکە، کەوتە بۆسەیەکی دیکەی پێشمەرگەکانی هەمان تیپو بەهۆی ئەمەوە ڕێی ئەوەی لێ گیرا کە فریای جاشەکان بکەوێ.

لە ئەنجامی ئەم چالاکییەدا حەوت جاش کوژران کەیەکێکیان فەرماندەی سریە بوو. سێ کلاشنکۆفیش دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە بوو. زیانی دوژمن لە قۆڵەکەی تر نەزانراوە.

## ڕەوف مستەفا بەگ*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرمانەدەی هەرێمی ٢ی شلێر. ناوی تەواوی ڕەوف مستەفا میران ناسراو بەڕەوف بەگ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٩ی گوندی قلیجەی

ناوچەی شارەزور.

مێژوی تێکەڵبونی بە کاری سیاسی بۆ ساڵی ١٩٦١دەگەڕێتەوە، کاتێك لە مانگی ئەیلولدا خێڵەکان دوو گردبونەوەی چەکداری گەورەیان لە دەربەندی بازیان و دەربەندیخان پێکهێناو دژی یاسای ریفۆرمی زەوی وەستانەوەو روبەڕوی هێزەکانی عیراق بونەوە. ئەو یەکێ لەو کەسانە بوو کە دژی ئەم هەنگاوەی حکومەتی جەنرال عەبدولکەریم قاسم وەستایەوەو بەشدار بوو لە بزوتنەوەی خێڵە ناڕازییەکان. دوای ئەوەی کە بزوتنەوەکە لە بزاڤێکی خێڵەکییەوە بوو بەبزاڤێکی نەتەوەیی، بەشداریی تێدا کردو چوە ریزی پێشمەرگایەتییەوە و لە ساڵی ١٩٦٧دا گەیشت بە پلەی سەرلق. لە ساڵی ١٩٦٨دا لە شەڕی ناوخۆدا لە گوندی پوشێنی ناوچەی شارباژێر بەخەستی بریندار بوو.

ساڵی ١٩٦٩ دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ، کرایە فەرماندەی بەتالیۆن لە ناوچەی دەربەندیخان. لە ساڵی ١٩٧٠ پاش راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازارو دەستپێکردنی قۆناغی ئاشتی، لە قۆناغێکی ئارامدا ژیا بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤دا پاش ناکامیی وتوویژو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، تێهەڵچۆوەو بەشداریی لە شۆڕشدا کرد. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی‌و لەوێ ژیا. بەڵام لەو ماوەیەدا دەزگا ئەمنییەکان وازیان لێ نەهێناو بە بەردەوامی تەنگیان پێ هەڵدەچنی. چەند جارێکیش بەبیانوی جۆراوجۆر دەستگیر کراوەو دوا جار بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ لە دەربەندیخان زیندانی کرا.

دەزگا ئەمنییەکان گومانی ئەوەیان لێ دەکرد کەژێر بەژێر کەوتۆتە جموجوڵی سیاسی. لە ڕاستیشدا ئەو لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ هەندێ لەو سەرکردانە دروست کردبوو کە دواتر بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان پێکهێنا لەوانە تاهیر عەلی والیی ئامۆزای‌و عەلی عەسکەری‌و چەند جارێکیش بۆ دروست کردنی هەماهەنگی لەگەڵیاندا سەردانی بەغداو ناسریەو عیمارەی کردبوو.

لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا وەك بەشێك لە پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا، مەفرەزەیەکی سەرەتایی لە شارەزور پێکهێناو لە ناوچەکانی شارەزورو شارباژێرو پێنجوێن جاری هەڵایسانی شۆڕشی نوێی دا. ساڵی ١٩٧٧ بووە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی ١ی هەورامان و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا کرایە ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. لە نیسانی ئەو ساڵەدا کرایە فەرماندەی هەرێمی ٢ی شلێرو هەر ئەو مانگە لەگەڵ هێزێکی گەورەی پێشمەرگە بە فەرماندەیی خالید سەعید بەرەو ناوچەی برادۆست بەڕێ کەوت بە مەبەستی دانانی بنکە بۆ سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە نیاز وابوو لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بگاتە ناوچەی هەکاری.

دوای زنجیرەیەك پێکدادان و روبەڕوبونەوەی چەکدار لە ناوچەی هەکاری لە نێوان هێزی پێشمەرگەو خێڵەکانی ناوچەکە، کە هان درا بون تەنگ بە هێزی پێشمەرگە هەڵچنن تاکو چەکەکانی نەگاتە دەست، لە شەڕێکدا بە سەختی بریندار بوو. لەو هەلومەرجەدا کەوتە دەست سەربازەکانی سوپای تورکیاو برایە شاری دیاربەکر. لەوێ بۆ ماوەی ١٨ رۆژ لە نەخۆشخانە بە قەرەوێڵەکەوە کەلەپچە کرا و لە٢٦ی تەموزی ١٩٧٨دا لە هەلومەرجێکی نادیاردا گیانی لەدەستدا.

# ڕەهبەر سەید برایم بەرزنجی




پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گەڕەکی بایزاغای شاری کۆیە. ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگەو هەر ئەو ساڵەش بووەتە ئەندامی ناوچە. ساڵی ١٩٨١ کرا بە لێپرسراوی ناوچەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لقی ٢ی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان کە لەو کاتەدا بارەگای لە زەڵێ بوو. لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢، بووە لێپرسراوی ناوچەی کۆیەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان.

ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی ٩٣ی کۆیە بووە جێگری فەرماندەی تیپ و ساڵی ١٩٨٤ بووە فەرماندەی تیپ. ساڵی ١٩٨٧ بە پلەی فەرماندەی تیپ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان. ساڵی ١٩٨٩ بووە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە و چوار جاریش بریندار بووە.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لێپرسراوی قوڵی کۆیە بوو. دواتر بووە فەرماندەی بەتالیۆن لەکۆیە، ئینجا فەرماندەی هێزی ٧ی کۆیە.

پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کرایە قایمقامی شەقڵاوە. دوای دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان، کرایە فەرماندەی ناوچەی هەولێرو دواتر بووە فەرماندەی ناوچەی کۆیە. پاشان گوێزرایەوە بۆ فەرماندەیی ١٥ی قەرەچوغ لە هەولێر.




ساڵی ١٩٩٦ بۆ نەشتەرگەری چوو بۆ سویدو ساڵی ١٩٩٨ گەڕایەوە بۆ کوردستان. ساڵی ١٩٩٩ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، دواتر بووە کارگێڕ لە فەرماندەیی گشتی و سەرپەرشتیاری فەوجەکانی سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٥ بووە سەرۆکی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان.


ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠١١ کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی کۆیە.

بڕوانامەی دپلۆمی لە بەشی ڕۆژنامەنووسیی پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی و بەکالۆریۆسی لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی هەیە.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی کۆیە،

بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.
دیارترین بەرهەمەکانی: «رزگاری: دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان» (٢٠١١).
بابەتی پەیوەندیدار:
* کۆیە (تیپ).
* کۆسرەت (تیپ).

## ڕێبازی خوێندکاران (گۆڤار)




گۆڤاری ناوەندیی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان. قەبارەی نیو فولسکابەو لە ماوەی ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢دا هەشت ژمارەی لێ دەرچووە. بەشێکی ژمارە چاپکراوەکان لە توژەڵە لە چاپخانەی برایم عەزۆو بەشەکەی تری لە ناوزەنگ لە چاپخانەی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوە چاپ کراون.

گۆڤارەکە زۆرتر بایەخی بە کاروباری خوێندکاران داوەو وتاری سیاسیشی بڵاوکردۆتەوە. ناوی سەرنوسەرو دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە. لۆگۆی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان کە وێنەی قەڵەم و خۆرو کتێبی لەخۆ گرتووە، لەسەر بەرگی گۆڤارەکەدا بووە. لەسەر بەرگی گۆڤارەکە لە هەندێ ژمارەدا ئەم دروشمە دانراوە «خوێندکاران جۆگەیەکی رۆشنبیریی شۆڕشی دیموکراتی نیشتمانیین لە کوردستاندا»، سەرباری دروشمە سەرەکییەکە کە بریتییە لە دروشمی «لە پێناوی پتەوکردنی ریزەکانی یەکێتیمان و گرێدانی خەباتمان بەسەرجەم جەماوەری کوردستانەوە». لەگەڵ هەندێ ژمارەدا پاشکۆیەکی عەرەبی بە هەمان قەبارەی گۆڤارەکە چاپ کراوە. بابەتەکان بە تایپی دەستی تایپ کراونو پاشان بە دەزگای فۆتۆ ستێنسل خراونەتە سەر ستێنسل و بە ڕۆنیۆ راکێشراون.

هەر هەشت ژمارە بەدوو خول دەرچوون. بۆیە کاتێك لە ساڵی ١٩٩٥دا کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان رۆژنامەیەکی بە هەمان ناوەوە دەرکرد، رۆژنامەکەی بەدرێژەپێدانی گۆڤارەکەی ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢ داناو خولی رۆژنامەکەشی، بەو پێیەی کە درێژەپێدانی دوو خولی پێشووە، بەخولی سێیەم ژمارد.
بابەتی پەیوەندیدار:
* یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان.

## ڕێبازی خوێندکاران (ڕۆژنامە)

رۆژنامەیەکی رۆشنبیریی خوێندکارانە ناوەندی راگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٨ هەر پانزە رۆژ جارێك دەری کردووە.

ناوی رۆژنامەکە لە ناوی گۆڤاری ڕێبازی خوێندکارانەوە وەرگیراوە کەگۆڤارێکە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨١ یەکەم




ژمارەی لێ دەرکردووە. لەو تێڕوانینەشەوە کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان درێژەپێدانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانە، ڕۆژنامەکەش بەدرێژپێدانی گۆڤارە دێرینەکە دانراوەو لەم سۆنگەیەوە خولی دەرکردنیشی بەتەواوکەری دوو خولی پێشوی گۆڤارەکەی دانراوە. ڕۆژنامەکە ئەم بیرۆکەیەی بە ڕونی بەرجەستە کردووەو لە یەکەم ژمارەدا باسی کردووە کە «ئەمە خولی سێیەمی ڕۆژنامەکەیە، چونکە خولی یەکەم و دووەمی بە شێوەی گۆڤار بەر لە ڕاپەرین لە شاخ دەرچووە».

ئەم ڕۆژنامەیە ٢٩ ژمارەی بە دوو خول لێ دەرچووە. لە خولی یەکەمدا لە ماوەی نێوان ١٩٩٥-١٩٩٦ دا لە هەولێر ١٦ ژمارەی لێ دەرچووەو لە خولی دووەمدا لە ماوەی نێوان ١٩٩٧-١٩٩٨دا لە سلێمانی ١٣ ژمارەی لێ دەرچووە.

یەکەم ژمارە لە تەموزی ١٩٩٥ دەرچووەو مانشێتە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە «بەرەو بەدی هێنانی خواستە دیموکراتییەکانی خوێندکاران و خوێندنی هاوچەرخ». ژمارە ١٦ کەدوا ژمارەی ڕۆژنامەیە لە هەولێر، لە٢٩ی تەموزی ١٩٩٦ دەرچووە. پاش ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کە تێیدا هێزەکانی گاردی کۆماری ڕژێمی عیراق و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکەوە هێرشیان کردە سەر هەولێرو هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لێ دەرکرد، ڕۆژنامەکە لەکار کەوت و بۆ ماوەی هەشت مانگ هیچی لێ دەرنەچوو. بەڵام ساڵی دواتر دەستی بەدەرچون کردەوە. ژمارە ٢٩ کە دوایین ژمارەی ڕۆژنامەکەیە، لە٣٠ی تەموزی ١٩٩٨ دەرچووە.

ڕۆژنامەکە دوو خاوەنی ئیمتیازی هەبووە. یەکەمیان، ساڵح عوسمان، خاوەنی ئیمتیازی ١١ ژمارە بووە، لە یەکەم ژمارەوە تا ژمارە ١١ کە لە٣ی ئازاری ١٩٩٦ دەرچووە. دووەمیان، خەلیل عوسمان، خاوەنی ئیمتیازی ١٨ ژمارە بووە، لە ژمارەی دوانزەهەمەوە کە لە١٩ی ئازاری ١٩٩٦ دەرچووە تا ژمارە ٢٩ کە دوایین ژمارەیە.

ڕۆژنامەکە سێ سەرنوسەری بە خۆوە دیوە. لە یەکەم ژمارەوە تا ژمارە ٩ کە لە٣٠ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥ دەرچووە، جەلال عوسمان سەرنوسەر بووە. لە ژمارە ١٠وە تا ژمارە ٢٠ کە لە٢٧ی تەموزی ١٩٩٧ دەرچووە موکەڕڕەم حەسیب سەرنوسەر بووە. لە ژمارە ٢١ بەدواوە کە لە١٦ی ئەیلولی ١٩٩٧ دەرچووە، سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سەرنوسەر بووە بەڵام لەم کارەیدا ناوێکی خوازراوی بەکار هێناوە کە سەروەر سەعیدە.

هەروەها ڕۆژنامەکە سێ سکرتێری نوسینی هەبووە. یەکەمیان، محەمەد هاشم، لە ژمارە ١و٢دا ئەم لێپرسراوەتییەی لە ئەستۆدا بووە. لە ژمارە ٣دا

موکەڕڕەم حەسیب بۆتە سکرتێری نوسین بەڵام پاش ئەوەی کە لێپرسراوەتیی سەرنوسەری لە ژمارە ١٠دا گرتە ئەستۆ، رۆژنامەکە بۆ ماوەیەك بەبێ سکرتێری نوسین مایەوە. لە ژمارە ٢١دا لەگەڵ گۆڕانی سەرنوسەردا، نەجات رۆستی کرایە سکرتێری نوسین. لەو ماوەیەدا هیوا ناسیح کەناوی لەسەر رۆژنامەکە نیە، ئەرکی بەڕێوەبەری نوسینی لە ئەستۆدا بووە.

قەبارەی ژمارەکان و ژمارەی لاپەڕەکان جیاوازن. ژمارە بەراییەکان بە قەبارەی ٣٣ بە ٤٩سم دەرچون. ژمارەکانی تر بەسەر قەبارەی ٢٤ بە ٣٤ سمو ٣٣ بە ٤٧,٥ سم دا دابەش بون. لاپەڕەکانیش لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە. دە ژمارەی بەرایی بە ٦ لاپەڕە دەرچون. ژمارەکانی ١١و ١٢و ١٧و ١٩و ٢٦و٢٧ و٢٨ و٢٩ بە ٨ لاپەڕە، ژمارەکانی ١٣و ١٤و١٥و ١٦و ١٨و٢٠و٢٥ بە ١٢ لاپەڕەو ژمارەکانی ٢١و ٢٢و ٢٣و ٢٤ بە ١٦ لاپەڕە.

رۆژنامەکە لەڕوی دیزاینەوە بەیەکێ لە رۆژنامەکە پێشکەوتووەکان دەژمێردرێ‌و وێنە تێیدا بە شێوەیەکی گونجاو بەکار هاتووە. پەیامی رۆژنامەکە پەیامێکی پێشکەوتنخوازانەیەو هەوڵیداوە بیروباوەڕی مۆدێرن و هاوسەردەمیانە بڵاو بکاتەوە. بابەتەکانی بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکدا باش دان و سەرباری ئەوەی کە رۆژنامەیەکی خوێندکاری بووەو خەمی سەرەکیی بایەخدان بووە بە کاروباری خوێندکاری بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بابەتی رۆشنبیریی گرنگی بەسەر کردۆتەوەو سەرقاڵی ئەوەش بووە تەکنیکی رۆژنامەوانیی پێشکەوتوو لە نمایش کردنی بابەتەکاندا بەکار بهێنێ، جگە لەوەی کە بە بەردەوامی ویستویەتی ئاستی رۆشنبیری‌و هۆشیاریی نەتەوەیی بەرز بکاتەوە.

لەخولی هەولێردا لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کراوە بەڵام پاش ئەوەی کەگوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٧ بەدواوە لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی چاپ کراوە.

ساڵی ١٩٩٨ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بەرەچاوکردنی پێداویستییەکانی ئەو کاتەو لەڕەوتی هەوڵداندا بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمێکی پێشکەوتوتر، لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە لەمەولا رۆژنامەکە بە شێوەی گۆڤارو بەهەمان ناو دەر بکات، ئەم ئامانجەش لەسەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری «رێبازی خوێندکاران»دا گوزارشتی لێ کراوە کە لێرە بەدواوە رۆژنامەکە «بەشێوەو بەرگێکی تازەوە بە ناوەڕۆکێکی ترەوە وەك گۆڤارێك» دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەرانی‌و لەم روەوە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە «رێبازی خوێندکاران» وەك گۆڤار درێژەپێدانی هەمان رۆژنامەیە، گۆڤارەکە لە ژمارە یەکەوە دەستی پێ نەکرد بەڵکو لە ژمارە ٣٠یەوە، وەك ئاماژەیەك بۆ درێژەپێدانی پرۆسەکە لە رۆژنامەوە بۆ گۆڤار، دەستی پێکرد، جگە لەوەی کە دوایین سەرنوسەری رۆژنامەکە، یەکەم سەرنوسەری گۆڤارەکەیە.

## رێبازی نوێ (رۆژنامە)

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی کوردی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩١. رۆڵێکی گرنگی لە شرۆڤەکردنی سیاسەت و هەڵوێستە سیاسییەکانی حزب و هەروەها دەستێکی باڵای لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و کەلتوری سیاسیدا هەبوە.

رۆژنامەکە زۆر بە دەگمەن ناوی نوسەرە بەشدارەکانی بڵاوکردۆتەوەو تەنانەت ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانیشی لەسەر نیە. بە کردەوەو بە پێی قۆناغەکان چەند کەسێك ئەرکی سەرنوسەریان گرتۆتە ئەستۆ کە ئەمانەن: تاڵەبانی،

نەوشیروان مستەفا، ئەرسەلان بایز، فەرید ئەسەسەرد و یوسف شەریف.

ماوەی دەرچونی ئەم رۆژنامەیە کەوتۆتە نێوان ساڵانی ۱۹۷٦- ۱۹۹۱و هەشت خولی بە خۆیەوە دیوە. خولی یەکەم تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە ۱ لە کانونی دووەمی ۱۹۷٦ دەرچووەو ژمارە ۲ لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ. لەو دوو ژمارەیە، ژمارەی یەکەم عارف کەریم لە بەیروت سەرپەرشتیی چاپکردنی کردووە. ژمارەی دووەم، لەبەر نالەباریی هەلومەرجی لوبنان بە هۆی پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆوە، نەتوانرا لە بەیروت چاپ بکرێ، بۆیە لە دیمەشق چاپ کرا. هەر یەکێ لەم دوو ژمارەیە ۲۰۰۰ دانەی لێ چاپ کراوە.

هەردوو ژمارەی یەکەم و دووەم قەبارەکەیان تابلۆیدە. سەرنوسەری ئەم خولەی رۆژنامەکە نەوشیروان مستەفایە. جگە لە پارچە شیعرێکی ژمارەی دووەم، هەموو وتارو کۆمێنت و هەواڵە بڵاوکراوەکان نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی. بە گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بۆ ناو وڵات لە ساڵی ۱۹۷۷، رۆژنامەکە لەم خولەدا لە کار کەوت و هیچ ژمارەیەکی دیکەی لێ دەرنەچوو.

دوو ژمارەکەی خولی یەکەم و چەند ژمارەیەکی ساڵی ۱۹۸۲ و شەش ژمارەکەی ساڵی ۱۹۹۱ی لێ دەرچێ، هەموو ژمارەکانی تر بە قەبارەی فولسکاب دەرچون.

پاش روخانی رژێمی شا لە ئێران، لە ساڵی ۱۹۷۹ یەك ژمارەی رۆژنامەکە لە شاری سەقز دەرچووە کە هشیار عابد، کادیری تەکنیکیی چاپ، سەرپەرشتیی چاپ کردنی کردووە. ئەم تاکە ژمارەیە بە خولی دووەمی رۆژنامەکە دەژمێردرێ کە تاڵەبانی تێیدا رۆڵی سەرنوسەری دیوە.

ساڵی ۱۹۸۰ خولی سێیەمی رۆژنامەکە دەست پێ


عێراقێکی دیموکرات و کوردستانێکی ئۆتۆنۆم

ریبازی نوێ

ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ژمارە - ۱ - کانونی دووەمی ۱۹۷٦

دەکاو تێیدا رۆژنامەکە لە گوندی تووژەڵە دەرچووە. لەو ساڵەدا فڕۆکەکانی عیراق بارەگای هاوینەی دەزگای راگەیاندنیان لە گوندی توژەڵە بۆردومان کرد، لە ئەنجامدا ئەندامێکی دەستەی نوسەرانی رێبازی نوێ بە ناوی بورهان مستەفا مەعروف قەرەداغی شەهید بوو، زیانی ماددی بە بارەگاکە کەوت و تیراژێکی زۆری ژمارەیەکی تازە چاپکراوی رۆژنامەکە سوتا. سەرنوسەری خولی سێیەم خودی تاڵەبانییە. هەڤاڵ کوێستانیش رۆڵی بەڕێوەبەری نوسینی گێڕاوە.

ساڵی ۱۹۸۲ خولی چوارەمی دەست پێدەکاو تێیدا رۆژنامەکە هەر لە گوندی تووژەڵە دەرچووە. هەندێ لە ژمارەکانی ئەم خولە بە قەبارەی نیو فولسکاب دەرچون و هەندێکی دیکەش بە قەبارەی فولسکاب. دوایین ژمارەی ئەم خولە لە سەرەتای ساڵی ۱۹۸۳

دەرچووە. لەم خولەدا تەکنیکی هەندێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکە لە ئاستی پێویستدا نیە. سەرنوسەری یەکەم ژمارەی خولەکە. تاڵەبانییە. ژمارەکانی دواتر ئەرسەلان بایز دەری کردون.

ساڵی ١٩٨٣ پاش گواستنەوەی بارەگای دەزگای ڕاگەیاندن بۆ سەرشیو و باوزێی ناوچەی پشدەر، ڕۆژنامەکە بۆ ماوەیەك ڕاگیرا. دواتر هەر لە باوزێ بە ستاف و سەرنوسەرێکی تازەوە یەکەم ژمارەی خولی پێنجەمی لێ دەرچوو، پاشان گوێزرایەوە بۆ دۆڵی جافەتی. دوای ئەوەی کە بارەگای چاپخانە بە شێوەیەکی کاتی لە گوندی هەڵەدن دانرا، ژمارەی دووەمی خولەکە لەوێ دەرچوو. پاشتر، کاتێك بارەگاکە بۆ بەرگەڵوو گوێزرایەوە، ژمارەی سێیەمی خولەکە لەوێ دەرچوو و ئەمە دوایین ژمارەی ئەو خولە بوو. هەر سێ ژمارەی خولی پێنجەم بە قەبارەی فولسکاب دەرچون و لەم خولەدا فەرید ئەسەسەرد سەرنوسەر بووە.

ساڵی ١٩٨٥ خولی شەشەمی ڕۆژنامەکە دەست پێدەکا. ئەم خولە بە درێژترین خول دەژمێردرێ و کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٨٨ و تێیدا ڕۆژنامەکە، بە بەراورد لەگەڵ خولەکانی پێشوو، زۆرترین ژمارەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لێ دەرچووە کە دەوروبەری ٣٥ ژمارە دەبێ. ساڵی ١٩٨٥ مانگانەو بە ڕێکوپێکی ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە. ساڵی دواتر ١١ ژمارەی لێ دەرچووە بەڵام ژمارە ١٠ و ١١ پێکەوەن. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧دا توانراوە ١٢ ژمارەی لێ دەربکرێ. ساڵی ١٩٨٨یش سەرەڕای دۆخی شەڕ کە باڵی بەسەر دۆڵی جافەتیدا کێشا بوو، توانرا لە سەرەتای ساڵدا هەر بەردەوام بێ. لەم خولەدا ئەرسەلان بایز سەرنوسەری ڕۆژنامەکە بووە.

پێش ئەوەی هێزەکانی عیراق لە چوارچێوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالدا دەست بەسەر دۆڵی جافەتیدا بگرن، ڕۆژنامەکە گوێزرایەوە بۆ بارەگا یەدەکەکەی دۆڵە کۆگە لە چیاکانی قەندیل و دواتر لەوێوە گوێزرایەوە بۆ شاری سەقز لە کوردستانی ئێران. لە سەقز خولی حەوتەمی ڕۆژنامەکە دەست پێ دەکا. لەم خولەدا ڕۆژنامەکە سێ سەرنوسەری بە خۆیەوە دیوە. لە سەرەتای دەستپێکی خولەکەوە تا مانگی ئەیلول ئەرسەلان بایز سەرنوسەر بووەو لە ئەیلول بە دواوە تا کانونی دووەمی ١٩٨٩ فەرید ئەسەسەرد بۆ جاری دووەم سەرنوسەری بووەو لە کانونی دووەمی ئەو ساڵەوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ یوسف شەریف سەرنوسەری بووە. لەم خولەدا، لە سۆنگەی دۆخی سەقامگیرییەوە، ڕۆژنامەکە مانگانە بە ڕێکوپێکی دەرچووە و نزیکەی ٣٠ ژمارەی لێ دەرچووە. خاڵی سەرنجڕاکێش لەم خولەدا ئەوەیە کە دەرهێنانی هونەریی ڕۆژنامەکە، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، زۆر پێشکەوتووترەو ژمارەی لاپەڕەکانی زۆر زیادی کردووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا لە سۆنگەی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین، بەرنامەیەکی تازە بۆ ڕاگەیاندن دانرا کە تێیدا هەوڵ درا هەموو کادیرەکانی بواری ڕاگەیاندن بۆ کارکردن لە پەخشی ٢٤ سەعاتەی هەردوو پەخشی ٧٥و ٤١ی مەتریی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بخرێنە گەڕو لەم سەروبەندەدا بڕیار درا بە شێوەیەکی کاتی واز لە ڕاگەیاندنی کاغەزی بهێنرێ.

ساڵی ١٩٩١ خولی هەشتەمی ڕۆژنامەکە دەست پێ دەکا کە تێیدا ٦ ژمارەی لێ دەرچووەو فەرید ئەسەسەرد لێپرساوەتیی سەرنوسەری بۆ جاری سێیەم لە ئەستۆ گرتووە. لەم خولەدا ڕۆژنامەکە لە سەرەتادا لە بارەگای دەزگای ڕاگەیاندن لە گەڵاڵە تایپ و دیزاین دەکراو لە هەولێر چاپ دەکرا. پاشان بارەگایەکی لە هەولێر بۆ کرایەوەو هەر لەوێ تایپ و هەڵەچنی و دیزاین دەکرا. هەموو ژمارەکانی ئەم خولە لە چاپخانەی

زانكۆی سەلاحەددین چاپ كراون و ڕەفعەت محەمەد یاسین سەرپەرشتیاری چاپی بووە. یەكەم ژمارەی ئەم خولە لە ئەیلولی ١٩٩١ دا دەرچووە و دوایین ژمارەش كە ژمارەی شەشەمە لە كۆتایی كانونی یەكەمی هەمان ساڵ دەرچووە.

لە كۆتایی ئەو ساڵەدا، وەك بەشێك لە بەرنامەی مۆدێرنێزەكردنی میدیای یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و دابین كردنی پێداویستییەكانی خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتە تازەكاندا، بڕیار درا ئامادەكاری بۆ دەركردنی دوو ڕۆژنامەی تازە بكرێ، یەكێكیان بە ناوی «كوردستانی نوێ» و ئەوی دیكە بە ناوی «ئیتتیحاد» بۆ ئەوەی جێی ڕۆژنامەی «ڕێبازی نوێ» و «شەرارە» بگرنەوە. بەپێی ئەم بەرنامەیە، لە كۆتایی كانونی یەكەمی ١٩٩١دا دوایین ژمارەی «ڕێبازی نوێ» دەرچوو و دواتر، پاش دەوروبەری دوو هەفتە، لە ١٢ی كانونی دووەمی ١٩٩٢دا ژمارە سفری «كوردستانی نوێ»وەك ژمارەیەكی ئەزمونی دەرچوو.

«ڕێبازی نوێ» لە ساڵی ١٩٧٦ گەشتەكەی دەست پێ دەكا و لە ساڵی ١٩٩١ كۆتایی پێ دێ. لەو ماوەیەدا كە ١٥ ساڵی خایاندووە، ڕۆژنامەكە پێشهاتی زۆر سەختی بە خۆیەوە دیوەو ناچار بووە هەر جارەی بۆ شوێنێك كۆچ بكاو سەرلەنوێ تێهەڵچێتەوەو بەردەوام بێت لەسەر پەیامەكەی خۆی. بەمجۆرە، دەبینین ڕۆژنامەكە گەشتەكەی خۆی لە تاراوگە، لە دەرەوەی وڵات، دەست پێ دەكاو لە هەولێر كۆتایی پێ دێنێ. بەپێی شوێنی دەرچون، ڕۆژنامەكە لە پانتاییەكی فراوانی جوگرافیادا دەرچووە. كەرەستەكانی یەكەم ژمارەی لە دیمەشق ئامادە كراون و لە بەیروت چاپ كراوە، پاشان ژمارەی دووەمی لە دیمەشق چاپ كراوە. لە ناو وڵاتیش، خولی دووەمی لە ناوزەنگ دەستی پێ كردووە، بابەتەكانی لەوێ ئامادە كراون و پاشان لە سەقز بە یارمەتیی چەند كوردپەروەرێكی دۆستی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان چاپ كراوە. ژمارەكانی ساڵانی ١٩٨٠و سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ هەر هەموی لە گوندی تووژەڵە چاپ كراون كە ئەویش گوندێكی سەر سنوری عیراق- ئێرانەو لەڕوی كارگێڕییەوە سەر بە شارستانی سەردەشتە لە ئێران. پاشان گوێزراوەتەوە بۆ گوندی باوزێ لە دەڤەری پشدەرو لەوێ، لە ساڵی ١٩٨٣دا، خولی پێنجەمی دەست پێدەكاو پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ دۆڵی جافەتی و پێنج ساڵ لەوێ جێگیر دەبێ. دواتر بە هۆی دەستپێكردنی شاڵاوەكانی ئەنفالەوە، كۆچ بۆ سەقز دەكاو تا پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەوێ دەردەچێ. دواتر، پاش ڕاپەڕین، لە شارۆچكەی ڕاگوێزراوی گەڵاڵە دەگیرسێتەوەو پاشان دەگوازرێتەوە بۆ هەولێرو لەوێ كۆتایی بە گەشتەكەی دێت. بەپێی هەلومەرجی قۆناغەكان، ئاستە تەكنیكییەكەی لە هەڵكشان و دابەزیندا بووەو هەندێ لە ژمارەكانی لە سوید دانەیان لەبەر گیراوەتەوە.

«ڕێبازی نوێ» سەرباری بڵاوكردنەوەی پەیامەكەی، ڕۆڵێكی گرنگیشی لە دیكۆمێنت كردنی ڕوداوو هەڵوێستەكاندا هەیەو لە بەشێكی زۆری ژمارەكانی ساڵانی هەشتاكاندا پاشكۆیەكی تایبەت بە چالاكییەكانی هێزی پێشمەرگەی هەبووە. لە ناو یەكێتیی نیشتمانیی كوردستاندا «ڕێبازی نوێ» بە یەكێ لە درەوشاوەترین سیمبولەكانی سەردەمی شۆڕشگێڕی دەژمێردرێ.

یەكەم ژمارەی «ڕێبازی نوێ» كە لە كانونی دووەمی ١٩٧٦ دەرچووە، مانشێتی نیە. یەكەم مانشێتی ڕۆژنامەكە ئەو مانشێتەیە كە بە ناونیشانی «سەركەوتوو بێ شۆڕشە دیموكراتییە عیراقییەكەمان» بۆ ژمارەی ٢ دانراوە كە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٦دا دەرچووە. دوایین مانشێتیش ئەو مانشێتەیە كە بە

ناونیشانی «ئێرە دەنگی مانگرتووانی کوردستانە» لە دوایین ژمارەی خولی هەشتەم دایە کە لە کانونی یەکەمی ١٩٩١ دا دەرچووە. یەکەم سەروتاری رۆژنامەکەش سەروتارە بێ ناونیشانەکەی یەکەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٧٦ کە تاڵەبانی نوسیویەتی، دوایین سەروتاریش ئەو سەروتارەیە کە بە ناونیشانی «بەرهەم و وانەو کەڵێنەکانی یەکەم تاقیکردنەوەی خەباتی مانگرتن» مەحمود رەزا نوسیویەتی و لە ژمارە ٦ی خولی هەشتەم کە لە کانونی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووە، بڵاوکراوەتەوە. سەروتارکە هەوڵێك بوو بۆ پەند وەرگرتن لە شێوەی بەڕێوەچونی مانگرتنی ١٣ هاووڵاتی لە شاری سلێمانی لە ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩١ لە بەردەم کۆمیسیاریان کاروباری پەنابەران کە تێیدا یاداشتێکی حەوت خاڵییان پێشکەش کردو بڕیاریان دا تا داواکانیان جێبەجێ نەکرێ، دەست لە مانگرتن هەڵناگرن و ئامادەن لەبرسان بمرن. مانگرتنەکە جمینێکی جەماوەریی لێ کەوتەوەو پەلی هاوێشتە هەولێرو چەند شارێکی ترو ماوەی دە رۆژی خایاند.

بە درێژایی ئەو ١٥ ساڵەی کە ئەم رۆژنامەیەی لێ دەرچووە، ژمارەیەکی زۆر سیاسەتمەدارو نوسەرو رۆژنامەنوس بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، ئەرسەلان بایز، فەرید ئەسەسەرد، هەڤاڵ کوێستانی، یوسف شەریف، دکتۆر موەفەق دەرگەڵەیی، رێکەوت عوسمان مەجید، بورهان مستەفا مەعروف قەرەداغی، ئەبوبەکر خۆشناو، ئارام ئەحمەد محەمەد، ئاکۆ غەریب، فەرەیدون عەبدولقادر، پشکۆ سەعید ناکام، جەمیل رەنجبەر، موحسین عەلی ئەکبەر، فریاد رەواندزی، فازل کەریم ئەحمەد، محەمەد حەمە باقی، ئازاد جندیانی، نەژاد عەزیز سورمێ، یاسین فەقێ سەعی، غالب محەمەد، شوان سەراج، مەحمود رەزا، مەریوان وریا قانع، ئاکۆ قادر، جەلال کۆچەر، عەبدولغەنی عەلی یەحیا.

ساڵی ٢٠١٣ ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران هەوڵێکی کارای بۆ سەرلەنوێ چاپ کردنەوەی ژمارەکانی «رێبازی نوێ» دەست پێکردو لەم سەروبەندەدا دوو ژمارەکەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ی چاپ کردەوەو ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەکەی کۆکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەواوی ژمارەکان، بەتایبەتی ژمارە بەراییەکان، بەردەست نەبون، پڕۆژەکە تەگەرەی هاتە بەر رێ.

## پاشکۆی ژمارە ١

### پێشەکییەك بۆ ناسینی رۆژنامەی «رێبازی نوێ» بە بۆنەی چاپکردنەوەی ژمارەکانی خولی یەکەمەوە

**نوسینی: فەرید ئەسەسەرد**

ماوەی نێوان دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «رێبازی نوێ» شەش مانگە. پێش دەرچونی «رێبازی نوێ» بە دوو مانگ، یەکێتی دەستی بە دەرکردنی رۆژنامەی «شەرارە» بە زمانی عەرەبی کردبوو. دەرکردنی رۆژنامەیەکی عەرەبی لە سوریا زۆر تەگەرەی لە بەردەمدا نەبوو. بەڵام بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی، مەسەلەکە تەواو جیاواز بوو. هەندێ فاکتەری وەك نەبونی تایپ و تایپیستی کوردی و نەبونی تیمی تەکنیکی و کەمیی ژمارەی نوسەرانی کوردیزان، پڕۆژەی دەرکردنی رێبازی نوێیان کردبوە پڕۆژەیەکی دژوار. بۆیە، مایەی تێڕامانە کە لە ساڵی ١٩٧٦دا، لەکاتێکدا «شەرارە» ٤ ژمارەی لێ دەرچووە، «رێبازی نوێ» تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. لێرەش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە «شەرارە» ساڵی پێشتر ژمارەیەکی لێ دەرچوو بوو،

ساڵی پاشتریش دوو ژمارەی تری لێ دەردەچێ. هەروەها پێدەچێ بڕیاری دەرکردنی هەردوو رۆژنامە لە یەك کۆبونەوەدا درابێ کەکاتی بەسترانی کەوتۆتە نێوان سەرەتای ئەیلول و کۆتایی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥.

یەکەمین ئاماژە بۆ نیازی دەرکردنی «رێبازی نوێ» بۆ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە، کاتێك رۆژنامەی «شەرارە» لە ژمارە ١ دا لەپەراوێزێکدا ئاماژەی بەوە دا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە نیازە رۆژنامەی «رێبازی نوێ» بە زمانی کوردی دەر بکات. کاتی دەستنیشانکراوی دەرکردنی رۆژنامەکە، بەپێی پەراوێزەکەی «شەرارە»، کراوەیە بەڵام رەها نیە و بە شێوەی «بەم زووانە» گوزارشتی لێ کراوە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەکرێ وا لێك بدرێتەوە کە پڕۆژەکە هەنگاوی بەرایی بۆ نراوە بەڵام هێشتا پێداویستییەکانی بە یەکجارەکی دەستەبەر نەکراون.

پێدەچێ بڕیاری دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی، لە هەڵبژاردنی ناوێکی گونجاو بۆ رۆژنامەکە ئاسانتر بووبێ. تا ئەو کاتەی تاڵەبانی لە تشرینی یەکەمدا دیمەشقی بەجێ هێشت و چوو بۆ قاهیرە، مەسەلەی ناوەکە یەکلایی نەکرابۆوە بەڵام کە لە قاهیرە گەڕایەوە، کەرەستەیەکی پێ بوو کە ئەم مەسەلەیەی پێ یەکلا کرایەوە. لە دانیشتنێکی نافەرمیدا لە قاهیرە، لە نێوان تاڵەبانیو دکتۆر فوئاد مەعسوم و دکتۆر کامیل بەسیر، لە ڕەوتی گفتوگۆکاندا بەسیر پێشنیاری ناوی «رێباز»ی بۆ رۆژنامەکە کردو هەر لەو دانیشتنەدا پێشنیارەکە دەم و دەست بە هەند وەرگیرا. دوای گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ دیمەشق، لە کۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەردا عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا فەیلی پێشنیاری کرد رێبازەکە نوێیەکی پێوە بلکێنرێ و ببێتە «رێبازی نوێ» وەك گوزارشتێك لە مۆدێرنێتەی گوتاری سیاسیی یەکێتی و تازەیی رەهەندی سیاسیی کە تەواو جیاواز بوو لە رێبازی شۆڕشە هەرەس پێ هێنراوەکەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥. تۆکمەیی لۆجیکی فەیلی و وردبینیی لە هەڵبژاردنی ناوێك کە ڕوخسارو ناوەڕۆکەکەی زۆر لێك دەوەشێنەوە، هیچ دەرفەتێکی بۆ رەتکردنەوەی پێشنیارەکە نەهێشتەوە. هەر لەو کۆبونەوەیەدا پێشنیارەکەی فەیلی پەسند کرا.

لە ڕاستیدا تاڵەبانی لەمێژ بوو بیری لە ناوێکی گونجاو بۆ رۆژنامەکە دەکردەوە. بەڵام بیری نەسرەوتی بە هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی نەگەیاند. ئەو تا پێش سەفەری بۆ قاهیرە، پێی باش بوو رۆژنامەکە ناو بنێ «رزگاری» بەڵام هێشتا بەو ئومێدەوە بوو کە ناوێکی گونجاوتر بدۆزرێتەوە. ئەگەر لە قاهیرە «رێباز»و لە دیمەشق «رێبازی نوێ» پەسند نەکرایە، بە دڵنیاییەوە چانسی «رزگاری» لە چانسی هەر ناوێکی تر زۆرتر دەبوو.

یەکەم ژمارەی «رێبازی نوێ» لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ دەرچووەو دووەم ژمارە لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ. بە هەردوکیشیان خولی یەکەمی ئەو رۆژنامەیە پێکدێنن کە بە درێژایی پانزە ساڵ، لەساڵی ١٩٧٦ـەوە تا ساڵی ١٩٩١، بە چەند خولێك دەرچووە.

«رێبازی نوێ» لە هیچ ژمارەیەکدا ناوی سەرنوسەر و ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیەو تەنانەت وتارەکانیشی بەبێ ناو بڵاوکراونەتەوە. بۆ راڤەکردنی هۆی ئەم دیاردەیە، ئەوە کراوەتە بیانوو کە لەبەر ئەوەی رۆژنامەکە «ئۆرگانە»، هەرچی تێیدا بڵاو دەکرێتەوە، گوزارشت لەڕاو بۆچونی نوسەر ناکا، بەڵکو گوزارشت لەڕاو بۆچونی رۆژنامەکە دەکاو بەم هۆیەوە گوزارشت لەڕاو بۆچونی ئەو لایەنە سیاسییە دەکا کە رۆژنامەکە نوێنەرایەتیی دەکات.

بەکردەوە، تاڵەبانی بە سەرپەرشتیاری ئەم خولە دەژمێردرێ. بە تەنیشت تاڵەبانییەوە، نەوشیروان مستەفا، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆڵێکی باڵای لە ڕۆژنامەکەدا هەبوو. وتارەکانی یەکەمین ژمارەی «ڕێبازی نوێ» بە شێوەیەکی چڕ گوزارشت لە تێڕوانینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەن.

دیمەشق بۆ چاپ کردنی ڕۆژنامەی کوردی لەبار نەبوو. بۆیە، هەوڵ درا چاپخانەیەك لە بەیروت بدۆزرێتەوە. ئەوەی کە ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ، عادل موراد بوو. لەم مەسەلەیەدا دوو کێشە لە ئارادا بوو. یەکێکیان، تەکنیکی بوو، چونکە چاپخانەکان هەم پیتی کوردییان نەبوو هەم تایپێستی کوردیزان. ئەم کێشەیە بەوە چارەسەر کرا کە وتارەکان لە چاپخانە بە پیتی عەرەبی تایپ بکرێن و پاشان دەستکاریی مۆنتێڤەکان بکرێ و وایان لێ بکرێ کە لەگەڵ ڕێنوسی کوردیدا بگونجێن. کێشەکەی تر پەیوەندیی بە هەلومەرجی شەڕی ناوخۆی لوبنانەوە هەبوو کە پەراوێزێکی زۆری بۆ ئازادیی هاتوچۆ بە ناو بەیروتدا پێك نەدەهێناو لەو سەردەمەدا چوون بۆ بەیروت خۆی لە خۆیدا سەرکێشییەکی مەترسیدار بوو.

سەرەڕای هەموو شتێك، بابەتەکانی ژمارە یەك ڕادەستی عارف کەریم کران کە کادیرێکی ڕێکخستنی ناوخۆ بوو و ساڵی ١٩٧٥ عیراقی بەجێ هێشتبوو، چوو بوو بۆ ئوردون و لەوێوە روی لە سوریا کردبوو و لە دیمەشق پەیوەندیی بە دەستەی دامەزرێنەرەوە کردبوو. عارف کەریم پێش ئەوەی کە بابەتەکان ببا بۆ بەیروت، لەگەڵ تاڵەبانیدا دانیشت و لەسەر شێوەی دیزاین و ریزبەندیی وتارەکان و مانشێتی سەرەکی و ناونیشانەکان ڕێنمایی پێویستی وەرگرت.

عادل موراد لە دیمەشقەوە مشوری هەموو شتێکی خواردبوو. لەگەڵ چاپخانەیەکی بازرگانیدا کە خاوەنەکەی مارۆنی بوو، ڕێککەوتبوو دوو هەزار دانەی بۆ چاپ بکەن.

شوێنی حەوانەوەی عارف لە بەیروت لە شەقامی حەمرا بوو لە ڕۆژئاوای بەیروت. شوێنی چاپخانەکەش لە گەڕەکی مسێتبە بوو لە ڕۆژهەڵاتی بەیروت کە زۆربەی کات لەو دەمەدا شەڕو پێکدادانی لێ دەقەوما. عارف بۆ رایی کردنی کارەکە، ناچار بوو هەموو وتارەکان بە دەستخەتێکی خۆشو گەورە بنوسێتەوە بۆ ئەوەی تایپێستی چاپخانەکە بتوانێ بە کەمترین هەڵە بە لاینۆ تایپ بابەتەکان تایپ بکا. کارەکە بۆ هەردوکیان ناخۆش بوو، بەتایبەتی بۆ کابرای عەرەبی سەر لاینۆ تایپەکە کە نەشیدەزانی چی چاپ دەکا. هەڵەچنەکەش هەر عارف بوو کە مۆنتێڤەکانی لەگەڵ خۆی دەبردەوەو تا شەو درەنگان خەریکی چاککردنەوەیان دەبوو. بەیانییەکەی، بابەتەکان بە ئۆفسێت رادەکێشران و گۆڕانکارییان لەسەر دەکرا. چاپکردنی یەکەم ژمارە نزیکەی دوو هەفتەی خایاند.

بە هۆی شەڕی ناوخۆوە، لوبنان کەڵکی ئەوەی نەمابوو هیچی لێ چاپ بکرێ. بۆیە، شوێنی چاپکردنی ڕۆژنامەکە گوێزرایەوە بۆ دیمەشق و لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا گیروگرفتەکانی چاپیش گوێزرانەوە بۆ دیمەشق. ژمارە دوو لە دیمەشق بە هەمان پێودانگی ژمارە یەك و بە هەمان تیراژ چاپ کراو لە چاپکردندا ژمارەکە روبەڕوی هەمان گرفتەکانی چاپ کردنی ژمارە ١ بۆوە.

«ڕێبازی نوێ» لەبەر ئەوەی بە کوردی بوو، زۆر بە کەڵکی سوریا نەدەهات، لە کاتێکدا بۆ ناوخۆی وڵات زۆر پێویست بوو. بەڵام دەرفەتێکی زۆر بۆ تێپەڕاندنی لە سنوری عیراق- سوریا نەبوو، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا پەیوەندیی نێوان دوو ڕژێمە

ڕکابەرەکەی حزبی بەعسی عیراق و سوریا لەوپەڕی خراپیدا بوو. ئەمەش کارێکی وای کردبوو دەروازەکانی سنوری زەمینیی نێوانیان سانسۆری بەهێزی لەسەر بێ. جوگرافیاش دەرفەتێکی زۆری بۆ کورد بۆ سود وەرگرتن لە دەروازە نایاساییەکان پێك نەدەهێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا پۆستەی نێوان دەستەی دامەزرێنەر لە دیمەشقو ڕێکخستنەکانی ناو وڵات پەکی نەکەوت و توانرا لە ڕێگەی بزنسمانێکی کوردپەروەری کوردی فەیلی بە ناوی خەلیل جەعفەر موسا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو ڕۆژنامەی «ڕێبازی نوێ»و «شەرارە»و نامیلکەکانی ترو نامەکان بگەیەنرێنە ناو وڵات. موسا خەریکی بازرگانیی تریلا بوو، لە ئەڵمانیا تریلای دەکڕی و دەیبرد بۆ عیراق. لەگەڵ بردنی هەر کاروانێکی تریلا بۆ عیراق، موسا پۆستەی یەکێتیی لە ناو تریلاکان دەشاردەوەو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ عیراق. بەڵام لەبەر ئەوەی بێ متمانەیی باڵی بەسەر پەیوەندیی هەردوو ڕژێمی ڕکابەری عیراق و سوریادا کێشابوو، تریلاکان لە دەروازە فەرمییەکانی عیراق ئەوەندە بە وردی دەپشکێنران کە چانسی تێپەڕاندنی پۆستە نەمابوو. بۆیە وا بە گونجاوتر زانرا کە تریلاکان لە سنوری سوریاوە ڕاستەوخۆ نەچنە ناو عیراق، بەڵکو لە سنوری کوێتەوە بچنە ناو عیراق.

ئەگەرچی ئەم کارە تریلاکانی ناچار دەکرد بچنە ئوردون و لەوێوە بچنە سعودیە و پاشان بچنە کوێت، بەڵام هیچ ڕێوشوێنێك لەم ڕێوشوێنە سەلامەتتر نەبوو، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا دەروازەکانی سنوری نێوان عیراق و کوێت سانسۆرێکی ئەوتۆیان لەسەر نەبوو و چانسی تێپەڕاندنی هەموو شتێك مسۆگەرتر بوو.

هەر کە پۆستە لە سنور دەپەڕییەوە، پەیوەندی بە شازاد سایبەوە دەکرا کە ئەو کاتە لە سلێمانی بوو، ئەویش پۆستەکەی وەردەگرت و بڵاوکراوەکانی ڕادەستی جەبار حاجی ڕەشید و خەسرەو گوڵ محەمەدو عەزیز مەحمود دەکرد.

ئەزمونی «ڕێبازی نوێ» نیشانی داوە کە لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی لە دەرەوەی وڵات بە بێ کادیری تەکنیکی و بە بێ دەستەی نوسەران، کارێکی ئەستەم بووە. هەر بە هۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارەوە، ژمارە ٢ پاش دە مانگ دەرچوو، سەرباری ئەوەی کە ئەم ژمارەیە دوایین ژمارەی ڕۆژنامەکە بوو لە خولی یەکەمیدا. گەڕانەوەی دوو کۆڵەکە سەرەکییەکەی ڕۆژنامەکە، واتە تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا، بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧، هیچ دەرفەتێکی بۆ دەرچونی ڕۆژنامەکە لە سوریا نەهێشتەوە. سوریا ئەوەندە کادیری نوسەری کوردیزانی لێ نەبوو کە بتوانن درێژە بە دەرکردنی ڕۆژنامەکە بدەن.

گوتاری سیاسیی «ڕێبازی نوێ» لە خولی یەکەمدا گوتارێکی چەپی شۆڕشگێڕانەیە کە ئایدیۆلۆژیا بە ڕونی بەسەریدا زاڵە و بە شێوەیەکی سەرەکی گوتارێکی دژ بە سیاسەتی ڕۆژئاوایە لە ناوچەکەدا. لەسەر ئاستی لۆکال، «ڕێبازی نوێ» لەم خولەدا زۆر لە ژێر شۆکی هەرەس هێنانی شۆڕشدا بووە لە ساڵی ١٩٧٥ دوا بە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران. گوتاری سیاسیی ڕۆژنامەکە سەرباری ئەوەی کە زۆر دژی ڕێککەوتننامەی جەزایر بووە، بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییەش کردوە کە لە پێی وابوە کورد پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی جەزایر دەیتوانی بە بێ پشتیوانیی شای ئێران درێژە بە شۆڕش بداو ئەزمونی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەگەڵ بارودۆخی قۆناغی پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایر بگونجێنێ.

خولی یەکەمی «ڕێبازی نوێ» سەرەتای کاروانێکی دورو درێژە کە ١٥ ساڵی خایاندووە. خولی دووەم پاش نزیکەی دوو ساڵ و نیو دەست پێ دەکاو

تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش لە تەموزی ساڵی ١٩٧٩.

ئەم تاقە ژمارەیە لە شاری سەقز لە کوردستانی ئێران، لە چاپخانەی ژمارەیەك هەڵسوڕاوی کوردپەروەر چاپکراوە کە لە هەلومەرجی پاش روخانی رژێمی شا بنکەیەکی رۆشنبیرییان بۆ بوژاندنەوەی زمانی کوردی دانابوو، لەوانە سیامەند مامیر شاسواری و عەبدوڵڵا فەلاحی. سەرنوسەری ئەم خولە، تاڵەبانییە.

خولی سێیەم ساڵی ١٩٨٠ دەست پێدەکا. خولی چوارەم کەوتۆتە ساڵی ١٩٨٢و ژمارەکانی لە گوندی توژەڵە دەرچوون. سەرنوسەری یەکەم ژمارەی ئەم خولە تاڵەبانییە، بەڵام سەرنوسەری ژمارەکانی دواتری خولەکە ئەرسەلان بایزە. خولی پێنجەم کەوتۆتە ساڵی ١٩٨٣و تەنها ٣ ژمارەی لێ دەرچووە. سەرنوسەرەکەی فەرید ئەسەسەردە. ئەم خولە کەوتۆتە قۆناغی گواستنەوەی بارەگای دەزگای راگەیاندن لە توژەڵەوە بۆ دۆڵی جافەتی. خولی شەشەم کەوتۆتە ماوەی نێوان ١٩٨٥-١٩٨٨ کە تێیدا زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی لە بەرگەڵوو لە دۆڵی جافەتی دەرچوون و سەرنوسەرەکەی ئەرسەلان بایز بووە. خولی حەوتەم ئەو ژمارانە دەگرێتەوە کە لە سەقز دەرچون و ماوەکەی کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩٠. لەم خولەدا «رێبازی نوێ» سێ سەرنوسەری هەیە. یەکەمیان ئەرسەلان بایزە کە تا هاوینی ١٩٨٨ سەرنوسەری بووە، دووەمیان فەرید ئەسەسەردە کە لە پایزی ١٩٨٨ـەوە تا کۆتایی ساڵ ئەرکی سەرنوسەریی گرتۆتە ئەستۆو سێیەمیان یوسف شەریفە کە لە ماوەی نێوان ١٩٨٩-١٩٩٠ سەرنوسەری بووە. خولی هەشتەم کەوتۆتە پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١و تێیدا ٦ ژمارە دەرچووە کە بەشێکی لە گەڵاڵە تایپ و دیزاین کراوەو لە هەولێر چاپ کراوەو بەشەکەی تری لە هەولێر ئامادە کراوەو هەر لەوێش چاپ کراوە. هەر شەش ژمارەی ئەم خولە لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین چاپ کراون. سەرنوسەری ئەم خولە فەرید ئەسەسەردە.

گەشتی «رێبازی نوێ» لە بەیروت و دیمەشقەوە بۆ هەولێر گوزارشتێکی چڕی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران وەك لە کۆنفرەنسی ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٢ گوازرشتی لێ کردبوو، لە بەرنامەیدایە هەموو ژمارەکانی «رێبازی نوێ» بەپێی خولەکانی چاپ بکاتەوە. دەسخستنی ئەم دیکۆمێنتە گرنگە بەشێکە لە بەرنامەی چاپکردنەوەو بڵاوکردنەوەی ئەرشیفی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ماوەی نێوان ١٩٧٥-١٩٩١ کە ئەکادیمیا لە ساڵی ٢٠١١ـەوە دەستی بە جێبەجێ کردنی کردووە.

سەرچاوە: رێبازی نوێ ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (خولی یەکەم ١٩٧٦)، ئامادەکردنی زیاد گەردی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٣-٦.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## یەکەم سەروتاری رۆژنامەی «رێبازی نوێ» (١٩٧٦)

رێبازی نوێش وەك «شەرارە» ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بە زمانی شیرینی کوردی بۆ جەماهیری گەل بڵاو ئەبێتەوە. بە نیازی باشتر رونکردنەوەی رێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

رێبازی نوێ مەشخەڵی رێبازێکی نوێیە کە

بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیو دیموکراتی خەڵکی کوردستان گرتویانەتە بەر شان بەشانی بزوتنەوەکانی ئازادی و رزگاری و دیموکراسیی گەلانی رۆژهەڵات بەگشتیو نەتەوەی دۆست و برای عەرەبمان بەتایبەتی کە لەبەر تیشکیا دوژمنە خوێنینەکانی گەلەکەمان کە ئیمپریالیزم و چینە موڵکدارو بورژوازییە کۆمپرادۆرو بیرۆکراتەکانی گەلانی دەسەڵاتدارن، هەروەها دەرەبەگایەتیو بورژوازیی سەر بە بێگانەی کوردستانن، بۆ خەڵك ریسوا ئەکرێن و دۆست و هاوپەیمانەکانمان دێنە روو کە بریتین لە کرێکار و جوتیار و رەنجدەرانی تر و خوێندەوارانی شۆڕشگێڕو پێشکەوتوی گەلانی هاونیشتمانمان. هەر وەك لەبەر تیشکیا هێزی سەرەکیی شۆڕشەکەمان کە جوتیارانن و هێزی پێشڕەو کە چینی کرێکارو هێزە دۆست و سوێندخۆرەکان بە خوێندەوارانی شۆڕشگێڕو بورژوازیی بچوك و سەرمایەداریی نیشتمانپەروەرەوە ئەخرێنە روو تاکو خەباتمان ئاراستەی راپەراندن و هۆشیارکردنەوەو رێکخستنو رابەرایەتی کردنیان بکەین بەسەر ئەم رێبازە نوێیەدا کە بە خوێنی گەشی شەهیدەکانمان مەشخەڵەکەی هەڵ کراوە.

رێبازی نوێمان رێبازی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری گەلەکەمان پشت ئەستور بە هێزی زۆرو زەبەندی گەلەکەمان و دڵنیا لە هاوخەباتی لەگەڵ هێزو پارت و تاقمە پێشکەوتووەکانی تری عیراق کە پێویستە لە بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتودا هەمویان کۆ بکرێنەوە، تاکو خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی عیراق بەکوردو عەرەب و کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانەوە رابەری بکات دژی دیکتاتۆریەتی فاشیستەکانی بەغداو بۆ هێنانە سەر کاری حوکمێکی ئیئتیلافیی دیموکرات کە دەستەبەری سەربەستییە دیموکراتییەکان بێت بۆ گەلی عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستانی عیراق.

رێبازی نوێمان رێبازی خەباتی بێ وچانە دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیەت و دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرستیی خۆماڵی و بێگانە، رێبازی هاوکارییە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردستان بڕبڕەی پشتێتی و کوردایەتیی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتوو ئەشێ و ئەبێ یەکخەرو بەیەکدی گەیێنەری خەباتیان بێت دژی دوژمنانی هەموو لایەك.

رێبازی نوێ رێبازی برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی کوردو عەرەب و هەموو هاونیشتمانییەکانی عیراقە، رێبازی بەگژاچونی شۆڤێنیزم و تاکڕەویی نەتەوایەتییە، رێبازی دوژمنایەتی کردنی ئیلحاق و جیابونەوە خوازییە، رێبازی پەروەردەکردنی جەماوەری گەلە بەگیانی هاودەردی و هاوخەباتی و یەکێتیی دەستکەوت و چارەنوس لەگەڵ جەماوەری گەلی عەرەب بەتایبەتیو جەماوەری گەلانی تری رۆژهەڵاتەکەمان بەگشتی.

رێبازی نوێمان رێبازی شۆڕشی نوێی گەلە کە لە کێوەکانی کوردستانەوە بڵێسەکەی بەرز ئەبێتەوە تا مەشخەڵەکەی هەموو عیراق دائەگرێت و پڕیشکەکانی دەشت و دۆڵەکانی خواروو و ناوەڕاستی عیراقیش گڕ پێ ئەگرێت و فاشیزمی خوێنڕێژی پێ زیندە بەچاڵ ئەکرێ.

ئەم شۆڕشەی کە بۆتە شۆڕشێکی دیموکراتی نوێ و بەشێك لە شۆڕشی سۆشیالیستیی جیهان، بە بێ تەواوکردنی ئەرکەکانی و گواستنەوە بۆ قۆناغی سۆشیالیزم، هێنانە دیی هەموو ئامانجەکانی بە شێوەیەکی رادیکالی لە توانادا نیە. بۆیە رێبازی نوێمان رێبازی شۆڕشی دیموکراتی نوێیە لە سەرانسەری عیراقدا با دەستپێکیشی لە کوردستان بێت.

رێبازی نوێ رێبازی رونکردنەوەی راستییەکی

مێژووییە کە بە تاقیکردنەوەی گـەلان و خەباتە خوێناوییەکانی خۆشمان ئیسپات کراوە، ئەو ڕاستییەی دوپاتی ئەکاتەوە کە هەر بە بونی پارتی پێشڕەوی ڕاستەقینە و یەکێتیی نیشتمانی و هێزی پێشمەرگەی گەل و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی گەلی عەرەب و هاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردایەتی لە کوردستاندا ئەتواندرێ گەلەکەمان لە هێرش و شاڵاوی لەناوبردنی نەتەوایەتیی کوردو تیاچواندنی کـوردسـتـان رزگـار بکرێت و مافی ڕەوای بەسەربەستی چارەی خۆنوسین بە شێوەی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە لە چوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراتی عیراقیدا بهێنرێتە دی.

ڕێبازی نوێ ڕێبازە دێرینە بە ئەنجام گەیێنەرەکەی گەلانی رزگارو ئازادی دنیایە کە لە وڵاتی ئێمەشدا بـە شـێـوەی تایبەتی خـۆی و هـەمـان نـاوەڕۆکـی مێژوویینی خۆی ئەبێ پەیڕەو بکرێ، چونکە هەر بەو شەرتەی کە ڕێبازێکی سیاسی و عەسکەریی ڕاستمان هەبێت لە شۆڕشدا سەر ئەکەوین.

ڕێبازی نوێ ڕێبازی باوەڕی تەواوە بە سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری گەل هەرچەندە خەباتێکی سەختی درێژخایەنی پڕ لە کوێرەوەریو فیداکاریشە، ڕێبازی بـاوەڕی توندوتۆڵە بەو ڕاستییەی کە فاشیستەکان و هـاوپـەیـمـانـە ئیمپریالیستەکانیان بەگشتی و ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەتایبەتی شێرە بەفرینەن، بە گڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر ئەتوێنەوە. بۆیە پێویستە هەموو هێزو تواناەمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی خەباتی جەماوەر بهێنینەوە جۆش و خرۆش و شۆڕشی جەماوەری گەل ببوژێتەوە بۆ رزگارکردنی گەل و نیشتمانەکەمان.

بۆ پێشەوە، بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری، شان بە شانی هێزە پێشکەوتووەکانی تری عیراق ڕووەو هێنانە دیی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بە ڕێبازێکی نوێ، ڕێبازی سەروەری و سەرکەوتن.

سەرچاوە: ڕێبازی نوێ، ژمارە١، خولی یەکەم، کانونی دووەمی ١٩٧٦، ل١.

تێبینی: سەروتارەکە نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## دوایین سەروتاری ڕۆژنامەی «ڕێبازی نوێ» (١٩٩١)

سەعات ١٢ی نیوەڕۆی ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٩١، دە شـەوو ڕۆژی ڕەبـەق بەسەر مانگرتنی قارەمانەکانی سلێمانیدا تێپەڕی. لەبەر ئەوەی هەر ئەو ڕۆژە بە خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گـەورەو سـەرتـاسـەریـدا، لـە سـەعـات ١ی پـاش نـیـوەڕۆدا، مـان بە مانگرتووان شکێنراوە، مـاوەی مانگرتنی تێکۆشەرەکانی سلێمانی، بە سەعات، ٢٤١ سەعات بووە.

لە مەڵبەندەکانی تری مانگرتن لە ڕانیە، کەلار، هەولێر، ئیسلام ئابادی پایتەخت و شاری کوێتەی پاکستان، سۆران، ئامێدی و دهۆك ماوەی مانگرتنی قارەمانەکانی کوردستان لە دهۆك و ئامێدییەوە بۆ ڕانیە، لە نێوان ٤-٨ ڕۆژی تەواودا بووە.

لە هەموو مەڵبەندەکان کە مانگرتن ڕاگەیەنرا، داواکـاریـی یەکەمی مانگرتووان جێبەجێ کردنی یاداشتەکەی مەڵبەندی مانگرتنی سلێمانی بوو کە بریتی بوو لە داخوازییەکانی ئێستای زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان.

کەواتە داواکاریی هەموو مانگرتووانی کوردستان داواکاری و داخوازییەکانی ئێستای گەلی کورد بون

و ئەوان لەباتی هەموو گەلی کورد مانیان گرتووە.
١-وانەکانی مانگرتن:
وانەکان زۆرن بەڵام ئەمانە گرنگەکانیانن:
یەکەم: رژێمی دیکتاتۆری بەغدا هەناسە ساردو ماڵوێران و رەنج بەخەسار مایەوە چونکە ئەو بەرنامەیەی **٢٣** ساڵە جێبەجێی دەکاو ئەو پارەو پولەی **٢٣** ساڵە بۆ لەناوبردنی کورد یان سەر پێ دانەواندنی خەرجی دەکا، بە خۆڕایی چوو. دەرکەوت کە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێم لەگەڵ کورد، ریزەکانی کوردی سفتترو رقی ئەستورتر کردووە.
دووەم: مانگرتن و وەزعی ئەم ١٠ رۆژەی کوردستان و هەستی دانیشتوانی کوردستان، ئەو راستییەیان بەرجەستەتر کرد کە لە کۆڕەوەکەی ئەمساڵ کەوتە روو، ئەویش ئەوەیە کە گەلی کوردو دانیشتوانی کوردستان ئەم رژێمە دیکتاتۆرەیان ناوێ و داواکاری دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتین.
سێیەم: خەباتی مانگرتنی چەند رۆژی رابردوو سەلماندی کە جەماوەر بە سەلیقەیە، کە زۆری بۆ هات دەزانێ چۆن تەعبیر لە ئازارەکانی بکاو بە هۆشیاری و سەلیقەی خۆی، پەی بە شێوەی گونجاوی خەبات دەبا.
چوارەم: جارێکی تر ئەو راستییە بۆ دنیای پێشکەوتوو و بۆ گێل و نەفامەکانیش دەرکەوتەوە کە کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخوازەو دەیەوێ کێشەکەی بە رێگەچارەی ئاشتییانە چارەسەر بکا.
پێنجەم: ئەو چەند رۆژەی خەباتی مانگرتن سەلماندیان کە گەلەکەمان و دانیشتوانی کوردستان بۆ رابەرایەتی کردنی خەبات و راپەڕاندنی ئەرکەکانی قۆناغەکە، پێویستیان بە ئۆرگانێکی لەبەرەی کوردستانی کاریگەرترو فراوانتر هەیە وەك ئەنجومەنێکی نیشتمانیی کوردستان کە جەماوەر دەتوانێ رۆڵی گرنگی تێدا ببینێ و لەناویدا کاریگەرانە رێگە لە کایەکردن بە چارەنوسی خۆی و تاکتیك و ستراتیجەکانی قۆناغەکە بگرێ.
شەشەم: دەرکەوت کە ریزەکانی گەل و جەماوەر کۆك و تەباو پتەون و پیلانەکانی دوژمن زەفەری پێ نابەن.
حەوتەم: خەباتی مانگرتن خەباتێکی بێ وەی و بێ خوێن و کورتخایەن و کاریگەرەو زوو ئەنجام بەدەستەوە دەدا، جەماوەر دەتوانێ کەڵك لەم تاقیکردنەوەیە وەرگرێ و لە کاتی پێویستدا مومارەسەی بکا، با بۆ راستکردنەوەی هەڵەو کەموکوڕییەکانی بەرەی کوردستانی و هەر لایەنێکی ناو بەرەی کوردستانیش بێ.
هەشتەم: خەباتی مانگرتن گورزێکی کاریگەری سرەواندە گازەرەی پشتی دوو تاقمی زەرەرمەندی ناو بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد: توندڕەوەکان، ئەوانەی پێیان وایە لەم چەرخەش کە شەپۆلی دیموکراسی سەرتاسەری دنیای داگرتووە، هێشتا دەبێ خەباتی سەرەکی هەر شێوە خەباتی چەکداری بێ و بە خوێن ناکۆکییەکان لەگەڵ دوژمنان چارەسەر بکرێن. تاقمی دووەمیش ئەوانەن کە ورەیان بەرداوەو هیچ بڕوایەکیان بە جەماوەر نەماوە.
نۆیەم: هاوخەباتی و هاوچارەنوسیی کوردو کەمینەکانی کوردستانی زاخاو دایەوە. برا فەلەو برا تورکمانەکان لەو شوێنانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییان تێدا نەماوە، بە دروشم و پێشکەش کردنی یاداشت بە کۆمیسارییای پەنابەران و بە خۆپیشاندان و بروسکەی پشتگیری پشتیوانییان لە مانگرتووانی کوردستان کرد.
٢-بەرهەم و دەستکەوتەکانی مانگرتن:
بەرهەم و دەستکەوتەکانی زۆرن. ئەمانە گرنگەکانیانن:
یەکەم: هێنانەوە جۆش و خرۆشی جەماوەرو لە

رەگەوە هەڵکێشانی پیلانی دوژمن سەبارەت بە گەورەکردنی هەستی ناوچەگەریێتی لەناو ریزەکانی گەلەکەمانداو تاودانەوەی خەبات و داهێنانی شێوەیەکی تری خەبات بۆ دەربڕینی داواکانی گەلی کوردو جەماوەری کوردستان.

دووەم: راکێشانەوەی سەرنجی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دەسەڵاتی چوارەم لە دنیادا کە رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندنە بۆ لای مەسەلە رەواکەی گەلەکەمان کە ماوەیەك بوو بەهۆی کۆنگرەی ئاشتیی مەدریدو کێشەی یۆگۆسلاڤیاو کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤێتەوە ئەو گوڕو تاوەی نەما بوو.

سێیەم: پەلەکردن لە ناردنی کۆمەك و پێویستییەکانی زستان بۆ ئاوارەکانی گەلەکەمان، بەرەکەی گەیشتە کوردستان و دەست ئاوارەکان.

چوارەم: وەرگرتنی چەند بەڵێنێکی گەورەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند وڵاتێکی بەنفوزی دنیاو ناوچەکە بۆ گێڕانەوەی سەربەرزانەی ئاوارەکانی کەرکوك و تێکشکاندنی هەر هێرشێکی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا بۆ سەر کوردستان.

پێنجەم: بۆ دنیا دەرکەوتەوە کە تا ئەم رژێمە بمێنێ، کوردو خەڵکی عیراق بەگشتی، ناتوانن بێ ترس و بە ئارامی بژین.

شەشەم: زاخاودانەوەی بەدبینیی دنیا لەسەر دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی بەعس و نەگونجانی لەگەڵ گیانی سەردەمدا.

حەوتەم: پتەوکردنی ریزەکانی گەلی کوردو جوڵاندنی هەست و سۆزی برایەتی و هاوخوێنی و هاوچارەنوسی لە ناو هەموو کۆمەڵی کوردەواریدا.

هەشتەم: بزواندنی گیانی تەحەداو گەورەکردنی گیانی قوربانیدان لە ناو دڵی لاوەکانی گەلەکەماندا بەتایبەتی و لە ناو دڵی هەموو جەماوەری کوردستاندا بەگشتی.

٣-کەلێنەکانی مانگرتنەکە:

هەڵو کەلێنەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە ئەمە یەکەم تاقیکردنەوەی خەباتی مانگرتن بووە لە کوردستانداو پێشتر بە درێژایی خەباتی گەلی کوردو هی گەلانی ناوچەکەش مومارەسە نەکراوە کە ئەمانەن:

یەکەم: کەلێنی گەورە زۆریی داواکارییەکان و تێکەڵاوکردنیان بوو. لە ناو داواکارییەکاندا هی مرۆیی و هی سیاسی هەبون.

داواکارییە سیاسییەکانی لە بابەتی فراوانکردنی ناوچەی پارێزراو، لە دەسەڵاتی کۆمیسارياى کاروباری پەنابەراندا نیە، بۆیە باشتر وا بوو کە هەڵبگیرایە بۆ خولێکی تری مانگرتن.

داواکارییەکان هەم زۆر بون، کە باشتر وا بوو بەش بەش بکران، هەم خاڵی تەعجیزیشیان تێدا بوو وەك خاڵی حەوتەمی یاداشتەکەی مانگرتووانی سلێمانی.

لە وەختی دەستپێکردنی مانگرتنەکەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان بە هۆی هێرشەکانی رژێمەوە ئاوارە بووبوونەوەو بێ جێ و رێ کەوتبون. لەبەر ئەوە دەبوو داواکارییەکان هەم لەگەڵ ئەو حاڵەتەی دەمانەوێ چارەسەری بکەین هاوزەمان بوایەو هەم زۆریش نەبونایە.

ئەگەر مانگرەکان بە تەنیا داوای گێڕانەوەی ئاوارەکانی کفری و کەرکوك و کەلاریان بکردایە، رەنگ بوو ئەنجام باشترو زووتریش بەدەست بهاتایە.

هەر کاتێکیش رژێمی دیکتاتۆر هێرش دەست پێ بکاتەوە، دەتوانرێ بە تەنیا دروشمی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش بەرز بکرێتەوە. بۆ چارەسەرکردنی برسێتی و شکاندنی ئابلوقەی ئابوریش لەسەر کوردستان، دەبێ تەنیا دروشمی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە ٧٠٦ بەرز بکرێتەوە. لە کاتی دوبارەبونەوەی هێرشەکانی

دوژمنیش، دەتوانرێ دروشمی فراوان کردنی ناوچەی پارێزراو بکرێتە داواکاریی مانگرتن و ....هتد.

کەواتە زۆریی داواکارییەکان و گەورەیی ئەو داواکارییانە خەباتەکە سەختتر دەکاو رەنگە دووبارەکردنەوەی ببێتە مایەی کوشتنی گیانی تەحەداو قوربانیدان لە ناو دڵی جەماوەردا. لە حاڵێکدا داواکاریی کەم و جێبەجێ بونی، گوڕو تەوژمی زیاتر بە قارەمانانی خەباتی مانگرتن دەبەخشێ و ورەیەکی گەورەو هیوایەکی گەورەتریان دەداتێ، هێزو وزەی بەردەوامبونیش دەداتە جەماوەری گەل.

دووەم: لە دنیادا مانگرتن ئوسولی خۆی هەیە. بەپێی یاسای جیهانیی مانگرتن، مانگر دەتوانێ چاو قاوەی بێ شەکرو ئاو بخواتەوەو گوێڕایەڵی ئامۆژگاریی دکتۆرەکان بکا. بە داخەوە گیانی تەحەدا وای لە قارەمانەکانی کوردستان کردبوو خەباتەکەیان بکەنە جۆرێکی خۆکوژی، لە حاڵێکدا ریعایەت کردنی ئوسولی مانگرتن درێژە بە تەمەنیان دەداو ئەگەری جێبەجێ کردنی داواکانیان زیاد دەکا.

سێیەم: لە هەندێ لە مەڵبەندەکانی مانگرتن جەماوەر لەبەر حەماسی زۆرو دڵگەرمی، بواری حەوانەوەی بە مانگرتووان نەداوە. ئەمە زوو مانگر ماندوو دەکاو بەرگەی کەم دەکاتەوە.

چوارەم: سەرەڕای زۆریی داواکارییەکانی مەڵبەندی مانگرتنی سلێمانی، کە لەوێوە پزیسکی مانگرتن تەنییەوەو سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە، سەرەڕای زۆری و قورسیی داواکانی ئەوان، لە هەندێ لە مەڵبەندەکانی تردا داواکاریی زیاتر پێشکەش بە کۆمیسارییای کاروباری پەنابەران کرا، وەك لە مەڵبەندی مانگرتنی هەولێر رویدا، ئەمە باری مانگرتووانی قورستر کردو جۆرێك بێ سەروبەری، شەپۆلی مانگرتنەکەی پیشاندا.

لە ئاخاوتنی یەکەم رۆژی مانگرتندا کە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان پەخش کرا، بە دەق وتمان «داواکانی مانگرتووان جێبەجێ ببن یان نا، تەجروبەکەیان لە کوردستان تەجروبەیەکی تازەیەو ئەگەر رۆشنبیرانی گەلەکەمان بایەخی پێ بدەن، بەرهەمی باش بەدەستەوە دەدا». نەك هەر ئەوە، بەڵکو دەبێ هێزە سیاسییەکانی کوردستان و جەماوەری گەل بایەخی تەواو بە شێوەکانی خەباتی هێمنانە بدەن و لەپێناوی بەدی هێنانی مافەکانی گەلەکەمان و داوا جەماوەرییەکاندا پەرەیان پی بدەن و ژیرانە بەکاریان بهێنن.

سەرچاوە: رۆژنامەی «رێبازی نوێ»، ژمارە ٦، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١، ل ١.

تێبینی: سەروتارەکە مەحمود رەزا نوسیویەتی.

## رێبازی نوێ (گۆڤار)




گۆڤارێکی فیکری‌و سیاسییە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ گوزارشت کردن لە پرنسیپ‌و

ئاراستەکانی ستراکچەری فیکریی خۆی دەری کردووە. بەهەمان ناوی رۆژنامەی ریبازی نوێوە دەرچووە کە رۆژنامەیەکە لە ماوەی سالانی ١٩٧٦-١٩٩١دا ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

لە سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کەگۆڤارەکە «بیروباوەڕو تیۆریو سەرەتاکانی ریکخستن و سۆسیالیزم» تاوتوێ دەکاو لەم رووەوە جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە جیهانی پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو نەمانی بلۆکی سۆسیالیست بەهای تازەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ئاراوەو «سەردەمەکە گۆڕاوە.. سەردەم بۆتە سەردەمی خەباتی سیاسیی جەماهیری، خەباتی پەرلەمانی، خەباتی ئاشکرا، خەباتی رۆژنامەگەریو رادیۆو تەلەفزیۆن». سەروتارەکە رونی کردۆتەوە کە رەوشەکە پێویستی بەکارکردنە بۆ «گەشەپێدان و پتەوکردنی رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەتایبەتی لە ڕوی چۆنایەتییەوەو دارشتنەوەی لەسەر بناغەیەکی نوێ»و هەروەها «رێکوپێك کردنی ململانێی ناوخۆیی فیکریو سیاسی بە جۆرێك کە ململانێکە لە ناو جغزی خۆیداو لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانداو بە پێی سەرەتاو پەیرەوی ناوخۆی بێت».

گۆڤارەکە لە ماوەی نێوان ١٩٩٣-٢٠١٤دا شەست ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە یەك لە ئەیلولی ١٩٩٣دا لە هەولێر دەرچووەو ژمارە ٦٠ لە زستانی ٢٠١٤دا لە سلێمانی دەرچووە. لەو ماوەیەدا گۆڤارەکە پێنج خول و شەش سەرنوسەری بەخۆیەوە دیوە. ژمارەکانی هەر چوار خولی بەرایی بەقەبارەی ١٥,٥ بە ٢٣سم دەرچون، بەڵام قەبارەی ٩ ژمارەکەی خولی پێنجەم نەختێك گەورەترە.

لە خولی یەکەمدا مەکتەبی راگەیاندن یەکەم ژمارەی بە تەنهاو ژمارە ٢و٣ی گۆڤارەکەی بە هاوکاریی مەکتەبی رێکخستن دەرکردووە. ئەم خولە سێ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لەئەیلولی ١٩٩٣دا دەرچووە، ژمارە ٢ لەکانونی یەکەمی ١٩٩٣و ژمارە ٣ لە ئازاری ١٩٩٤دا. لە یەکەم ژمارەدا قادر حاجی عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیو لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن، لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤارەکەی گرتۆتە ئەستۆ. بەڵام ئەم ژمارەیە نە ناوی خاوەنی ئیمتیازی لەسەرە نە ناوی سەرنوسەرو نە ناوی ئەندامانی دەستەی نوسەران. لە ژمارە ٢دا گۆڤارەکە ناوی فەرەیدون عەبدولقادری وەك خاوەنی ئیمتیاز لەسەرەو دکتۆر پێشەوا تاڵەبانی بۆتە سەرنوسەری، دەستەی نوسەرانیش لە بێستون سابوراوایی، سەلاح سدیق، ئارێز عەبدوڵڵا و بەکر حەسەن پێك هاتووە.

ژمارە ١و٢ی ئەم خولە لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین و ژمارە ٣ لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کراون و هەر یەکێکیان ٢٠٠٠ دانەی لێ چاپ کراوە. لە ژمارەی لاپەڕەدا ژمارەی یەکەم بە ١٠٨ لاپەڕە دەرچووەو ژمارە ٢ بە ١١٢ لاپەڕەو ژمارە ٣ بە ١٢٠ لاپەڕە.

یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە ڕوی تەکنیك و دیزاینەوە کەموکوڕییەکی ئەوتوێ تێدا بەدی ناکرێ بەڵام لە ژمارە ٢دا گۆڤارەکە لە ڕوی تەکنیك و دیزاینەوە توشی هەڵەی گەورە بووەو چەند لاپەڕەیەکی جێی یەکتریان گرتۆتەوە، لەوانە لاپەڕە ٦ چۆتە جێی لاپەڕە ٥و لاپەڕە ٧٦ چۆتە جێی لاپەڕە ٧٩و ناوی هەندێ نوسەر لەسەر بابەتەکان پەڕیوە، جگە لەوەی کە ژمارەکە لە تەکنیکی چاپدا پاشەکشەی بەخۆیەوە دیوەو بابەتەکانی بەتایپی دەستی تایپ کراون. کەموکوڕییەکانی ئەم ژمارەیە ئەوەندە زەق بون، دەستەی نوسەران لەسەروتاری ژمارە ٣دا ناچار

بوو پۆزش بێنێتەوەو دان بەوەدا بنێ کە ژمارەکە «لە ڕوی هونەرییەوە لە ئاستی پێویستدا نەبوە» و لەم روەوە بەڵێنی دا کە لەمەودوا گۆڤارەکە « لە بەرگێکی قەشەنگ‌و بە ڕێکوپێکی دەر بچێت».

خولی دووەمی گۆڤارەکە ژمارە ٤و ٥ دەگرێتەوە کە تێیدا ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکە بە مەکتەبی هۆشیاری‌و روناکبیری سپێردراوە کە مەکتەبێکە لەکانونی دووەمی ١٩٩٤دا دامەزراوە. لەم خولەدا دکتۆر پێشەوا تاڵەبانی وەك سەرنوسەر ماوەتەوە، ئاریێز عەبدوڵڵا بۆتە بەڕێوەبەری نوسین، دەستەی نوسەران لەهەر یەك لە نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا، جەلال بەرزنجی‌و ستار عەلی پێك هاتووە. دوو ژمارەکەی ئەم خولە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەکانی پێشتردا پوختترو ڕێکوپێکترن. هەردوو ژمارەکە لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری لە دوتوێی ١٣٠و ١٢٨ لاپەڕە چاپ کراون. هەردوو ژمارە یەك لە دوای یەك لە حوزەیران و ئابی ١٩٩٤ دەرچون.

خولی سێیەم لە ساڵی ١٩٩٥دا بە ژمارە ٦ دەست پێدەکاو پێنج ژمارەی لێ دەرچووە. لەم خولەدا ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکە بە مەکتەبی ڕێکخستن سپێردراوەو گۆڤارەکە تێیدا دوو سەرنوسەری هەیە. لە ژمارەکانی ٦و٧و٨و٩دا عومەر فەتاح سەرنوسەرەو لە ژمارە ١٠دا کە دوایین ژمارەی خولەکەیە، دکتۆر پێشەوا تاڵەبانی بۆ جاری دووەم بۆتەوە بە سەرنوسەر. ئەرکی بەڕێوەبەری نوسین لەم خولە لە ئەستۆی جەلال بەرزنجیدا بووە.

هەموو ژمارەکانی ئەم خولە، ژمارە ١٠ی لێ دەرچێ کە ٢٠٠ لاپەڕەیە، لەدوتوێی ١٢٨ لاپەڕە دەرچون و هەموشیان لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کراون.

هەر ١٠ ژمارەی ئەم سێ خولە لە هەولێر چاپ کراون و لە ژمارە دووەوە تا ژمارە ١٠ فەرەیدون عەبدولقادر خاوەنی ئیمتیازە. زۆربەی ژمارەکانی ئەم سێ خولە پاشبەندێکیان هەیە کە جەلال بەرزنجی سەرپەرشتیی کردووەو تێیدا چەندەها گۆڤارو کتێب نمایش کراون و بەدواداچون بۆ هەواڵەکان کراوەو هەندێ ژمارە بەشێکی تایبەت بەنمایش کردنی بەڵگەنامەکانی تێدایە، سەرباری ئەوەی کەگۆڤارەکە کۆمەڵێك هاوکاری هەبوە کە ژمارەیان لە زیادو کەمیدا بووە.

ساڵی ١٩٩٦ لە سۆنگەی روداوەکانی ٣١ی ئابەوە کە تێیدا گەلەکۆمەکێی رژێمی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان تەنگی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵچنی، گۆڤارەکە لەکار کەوت و نزیکەی دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕی تا لەدواییدا توانی لە سلێمانی دەربچێتەوە.

خولی چوارەمی گۆڤارەکە بە ژمارە ١١ دەست پێدەکا کە لە ئەیلولی ١٩٩٨ دەرچووە. لەیەکەم وتەی ئەم ژمارەیەدا وتراوە «ڕێبازی نوێ دوای دوو ساڵ جارێکی تر ڕێبازەکە دەگرێتەوە بەر، بەگوڕو تینێکی تر، بەورەیەکی بەرزتر، بۆ درێژەدان بەپەیامە پیرۆزەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باسکی لێ هەڵدەماڵێ».

لەم خولەدا ئەرسەلان بایز بۆتە خاوەنی ئیمتیاز و ئەبوبەکر خۆشناو بۆتە سەرنوسەر. گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی فیکری- سیاسی- روناکبیری خۆی ناسیوەو ئەرکی دەرکردنی بە بەشی روناکبیریی مەکتەبی ڕێکخستن سپێردراوە.

ژمارە ٤٢ کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧دا دەرچووە، دوایین ژمارەیە کە ئەبوبەکر خۆشناو ئەرکی سەرنوسەری تێدا گرتۆتە ئەستۆ. بەم پێیە، خۆشناو لە ناو سەرنوسەرەکانی گۆڤارەکەدا درێژترین ماوەی سەرنوسەریی بەر دەکەوێ کە تێیدا لە ژمارە ١١ وە کە لە ئەیلولی ١٩٩٨دا دەرچووە تا ژمارە ٤٢

که له سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧دا دەرچووە، سەرنوسەر بووەو بەم پێیە لە ماوەی نزیکەی ٨ ساڵو نیودا ٣٢ ژمارەی لە گۆڤارەکە دەرکردووە. لەو ماوەیەدا گۆڤارەکە گەشەیەکی زۆری بەخۆیەوە دیوەو توانیویەتی ژمارەیەکی زۆری نوسەران و لێکۆڵیاران بە لای خۆیدا راکێشێ، سەرباری ئەوەی کە لە ڕوی بابەتی فیکریی وەرگێڕدراوەوە بە دەوڵەمەند دادەنرێو بابەتە بڵاوکراوەکان هەمەجۆرییەکی دیاریان پێوە دیارە، جگە لەوەی کە گۆڤارەکە چەند فایلێکی دەربارەی چەند بابەتێکی گرنگ بڵاوکردۆتەوە لەوانە بابەتەکانی ئیسلامی سیاسی، هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٠ی شارەوانییەکان، نەتەوەو نەتەوایەتی، مەسەلەکانی روناکبیریو کاروباری رێکخستن. هەروەها لە لاپەڕەکانی کۆتاییدا دەقی چەند بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردۆتەوە لەوانە دەقی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٨ی واشنتن کە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە ناوبژیوانیی ئەمریکا واژۆ کراوە، سەرباری رومـاڵ کردنی چالاکییەکانی بەشی روناکبیریی مەڵبەندەکان.

لە ژمارە ٤٣دا شوان عوسمان بۆتە سەرنوسەری گۆڤارەکەو سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر بە جێگری سەرنوسەرو سەمەد زەنگەنە بە بەڕێوەبەری نوسین دانراون. دەستەیەکی نوسەرانیش لە ئەکرەم میهرداد، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، ئاراس فەریق زەینەل، دکتۆر بەختیار جەبار شاوەیس، سۆزان کەریم مستەفاو محەمەد فاتیح پێك هاتووە، سەرباری دەستەیەکی راوێژکاران کە ناوبەناو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە ژمارەکانی پاشتردا دەستەی نوسەران گۆران ئازاد حەمە گەمحان و پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەریی بۆ زیاد کراوەو ئەکرەم میهردادو محەمەد فاتیحی لێ نەماوە.

خولی چوارەمی گۆڤارەکە کە دوو سەرنوسەری بەخۆیەوە دیوە درێژترین خولی گۆڤارەکەیە، کەوتۆتە ماوەی نێوان ١٩٩٨-٢٠٠٩و ٤١ ژمارەی لێ دەرچووە. ئەم خولە بەژمارە ١١ دەست پێدەکا کە لە ئەیلولی ١٩٩٨ دەرچـووەو بە ژمـارە ٥١ کۆتایی دێ کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ دەرچووە.

دوای ژمارە ٥١ گۆڤارەکە بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ هیچ ژمارەی تری لێ دەرنەچوو. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢دا گۆڤارەکە خولی پێنجەمی تەمەنی دەست پێ کرد.

لە خولی پێنجەمدا لە سایەی گۆڕانی لێپرسراوەتییەکاندا ستایلی گۆڤارەکەش تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەپێناسەی گۆڤارەکەدا «گۆڤاری فیکری نوێ لەسەردەمێکی نوێدا» بۆتە دروشمی سەرەکیی گۆڤارەکەو ئەم دروشمە لەسەر بەرگ دانراوە. گۆڤارەکە بە دیزاین و نەخشەسازییەکی جیاواز خۆی نواندووە.

لە یەکەم سەروتاری ئەم خولەدا سەرنوسەر ئاماژەی بەتێهەڵچونەوەی گۆڤارەکە کردووەو وای باس کردووە کە «دوای دابڕانێکی زۆر وا جارێکی دیکەش گۆڤاری رێبازی نوێ دێتەوە ناو کایە فیکرییە میدیاییو مەعریفییەکەوە. بێگومان لەمێژوی دورو درێژی ئەم گۆڤارەدا، کۆمەڵێك هەڵکشان و داکشان و کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گرنگ بەسەر بوارە مەعریفیو کەلچەرییەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا گوزەریان کردووە... ئەم گۆڤارە لەسەر دەستی چەند قەڵەمێکی دیاری دنیای جۆرناڵو رۆژنامەگەریدا، دەبێتە کاراکتەرێکی فیکریی بەشدارو دەبێتە کاراکتەرێکی مەعریفیی شایەتحاڵ بەسەر ئەو سەردەمگەلە گرنگە لەیەکتر جیاوازانەوە». سەروتارەکە ئاماژەی بەوە داوە کە گۆڤارەکە لە خولی پێنجەمدا بڕیاریداوە «گۆڤاری هزری نوێو گۆڤاری قەڵەمی بەئەزمون و گۆڤاری

قەڵەمی پڕ لە توانستی نوێش بێت لەسەردەمێکی نوێدا».

لە ژمارە ٥٢دا کە لە زستانی ٢٠١٢دا دەرچووەو یەکەم ژمارەی خولی پێنجەمە، هەندێ گۆڕانکاری بەسەر ستافی گۆڤارەکەدا هاتووە. مەکتەبی ڕێکخستن بۆتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە، سلێمان عەبدوڵڵا یونس بۆتە سەرنوسەر، عەزیز رەئوف بۆتە جێگری سەرنوسەرو دەستەی نوسەران نەماوە.

لەم خولەدا کە ٩ ژمارەی لێ دەرچووە، گۆڤارەکە بە شێوەیەکی تایبەت بایەخی بە چەند بوارێکی گرنگ داوە لەوانە شیکردنەوەی دیاردەی بەهاری عەرەب، ئەزمونی دیموکراسیی سازان لە عیراقدا، دیاردەی ئیسلامگەرایی، کۆمەڵی مەدەنی، بەجیهانیبون، چەمکی ئازادی، سکولاریزم، دیاردەی ئاین و پەیوەندیی لەگەڵ چەمکی ئازادیدا، کێشەی لاوان و رۆڵیان لە ژیانی سیاسیدا، ئایدیۆلۆژیاو رەهەندەکانی، تیرۆرو پاڵنەرەکانی، مەسەلەکانی سۆسیال دیموکراسی، گرفتی ئازادی، حزب و حزبایەتی لە کوردستان.

گۆڤاری «رێبازی نوێ» بە درێژایی ماوەی نێوان ١٩٩٣-٢٠١٤ توانیویەتی بە ڕێکوپێکی گوزارشت لە ناوەڕۆك و پرنسیپەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکاو ببێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریو سیاسیی ئەندام و کادیرەکان. بەدرێژایی ئەو ماوەیە بایەخێکی شایستەی بە چەندەها بواری بیرو رۆشنبیری داوەو بە شێوەیەکی تایبەت جەختی کردۆتە سەر چەند بابەتێکی وەك کاروباری رێکخستن، سیستمەکانی هەڵبژاردن، دەستورو بایەخی لە ژیانی گشتیدا، ئاراستە دیموکراتییەکان، کاروباری سۆسیالیزم و لە ناو ئەم سێکتەرەدا کاروباری پەیوەست بە سۆسیال- دیموکراسی، بابەتەکانی مافی مرۆڤو کۆمەڵگای مەدەنی، تێزی مافی چارەی خۆنوسین و شێوازەکانی بەدیهێنانو جێبەجێ کردنی، کاروباری فیمینیزم، مەسەلەکانی پەیوەست بەئاسایشی نەتەوەیی و جەنگی دەرونی، کەیسەکانی لیبرالیزم و ناسیۆنالیزم، بەجیهانیبون، ئایندەی عیراق و فیدرالیزم. ژمارەیەکی زۆری نوسەران بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە ئەحمەد بامەڕنی، دڵشاد عەبدولڕەحمان محەمەد، شەفیق حاجی خدر، نەجات عەبدوڵڵا، پێشەوا تاڵەبانی، جەمیل عیسا کەریم، ئاراس فەریق زەینەل، بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا، بێستون سابوراوایی، عەتا قەرەداغی، مەحمود خدر حسێن، سامی هادی، سەلاح سدیق، ئەبوبەکر خۆشناو، مەلا بەختیار، قاسم محەمەد مستەفا، جەلال بەرزنجی، ستران عەبدوڵڵا، فەرەیدون عەبدولقادر، مارف عومەر گوڵ، بەهمەن عەبدولکەریم، عەبدولڕەحمان فەرهادی، رزگار شەمیرانی، غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، دڵسۆز حەمە، ئەرسەلان بایز، دکتۆر خالید نازدار زادە، کەریم شەریف قەرەچەتانی، هادی چاوشلی، ئارام عومەر، دکتۆر کەمال مەعروف، ئازاد سدیق، زرار عەبدوڵڵا مستەفا، ئەکرەم میهرداد، شاخەوان مەنسور، عەبدوڵڵا قەرەداغی، سەمەد جەبار زەنگەنە، خەلیل عەبدوڵڵا، شەماڵ عەبدولوەفا، رەفیق ساڵح ئەحمەد، ماکۆك شێخ محەمەد، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، کەژاڵ ئەحمەد، نەهرۆ هەینی، سەمەد بێتواتەیی، جەمال حسێن، دکتۆر دلێر ئەحمەد، شاناز رەمزی، عەدالەت عەبدوڵڵا، ئەسعەد جەباری، کەیوان ئازاد ئەنوەر، پشتیوان ئەحمەد، سامی قادر، لەتیف فاتیح فەرەج، حەمەی حەمە سەعید، سەلاح رەنجدەر، ئەمیرە محەمەد، دلێر ماوەتی، عوسمان حەسەن شاکر، مەحمود مەلا عیززەت، خەسرەو شێرە، کارزان محەمەد، فەیسەل عەلی خورشید، مەهدی ئەبوبەکر، شادمان مەلا حەسەن، محەمەد فاتیح، کارزان کاوسێن، هیوا عەزیز، سەباح تاهیر، ئارێز عەبدوڵڵا، دکتۆر بەختیار جەبار شاوەیس، نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا، محەمەد مێرگەسوری، ئازاد جندیانی، عەبدولڕەحمان کەریم

دەروێش، سالار مەحمود، حەسەن بارام، عیماد ئەحمەد، سەردار عەزیز، ئەحمەد فاتیح محەمەد، هەڵگورد جەلال، عادل عەلی، عەزیز رەئوف، دکتۆر هێمن عەزیز برایم، ئازاد قەزاز، کەمال رەئوف، ئومێد قەرەداغی.

## رێبوار خالید



پێشمەرگەو نیگارکێش. ناوی تەواوی رێبوار خالید تاهیر ناسراو بە ئەردەڵان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی. مێژووی دەرکەوتنی وەك هونەرمەندێکی نیگارکێش بۆ ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٩٧٧ دەستی بە خوێندن کرد لە کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی.

ساڵی ١٩٨١ پاش ئەوەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێنا، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەدەزگای راگەیاندن لە توژەڵە کاری کردو زۆرتر ئەرکی دیزاینی بەرگی کتێب و نامیلکەو گۆڤارەکانی گرتە ئەستۆ. زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو هونەر بۆ شاخ و بۆ ناو پێشمەرگە بگوازێتەوەو لەم سەروبەندەدا لە ساڵی ١٩٨٢دا بە چەند تابلۆیەك بەشدار بوو لە پیشانگایەکی هاوبەش لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تردا لە ناوزەنگ. ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ عەباس عەبدولڕەزاقدا بەشدار بوو لە پێشانگای وێنەی فۆتۆگراف لەگوندی هەڵەدن لە دۆڵی جافەتی.


لە کاتی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، لە ساڵی ١٩٨٤دا بەشدار بوو لە دوو پێشانگای هاوبەش لە سورداش، یەکێکیان لەگەڵ چەند هونەرمەندێکداو ئەوی تر لەگەڵ هونەرمەند رەمزی قوتبەددین.

ساڵی ١٩٨٩، دوای جێگیربوونی لە ئێران، لەگەڵ هونەرمەندان رێبوار سەعیدو عوسمان قادر و رەمزی قوتبەددیندا بەشدار بوو لە پێشانگایەکی هاوبەش لە تاران. هەر ئەو ساڵە یەکەمین پێشانگای تایبەتی لە سەقز کردەوە.


ساڵی ١٩٩١ ئێرانی بەجێ هێشت و لە سوریا گیرسایەوە. لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٩١ چوو بۆ سویدو لەوێ ژیا. ساڵی ٢٠٠١ گەڕایەوە بۆ کوردستان. لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠١- ٢٠٠٦دا وەك بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی رۆشنبیری خزمەتی کرد. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لەپێشانگاکانی گەلەریی زاماو لەگەڵ هونەرمەند ئاکۆ غەریبدا بەشدار بوو لە دامەزراندنی «خانەی سمۆرە بۆ رۆشنبیریی منداڵان».

ساڵی ٢٠٠٦ وازی لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتی هێناو خۆی خانەنشین کرد. لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١١دا چوارەمین پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردەوە.

## رێبوار سەعید



پێشمەرگەی دێرین و مامۆستای زانکۆ. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٠ی ناحیەی تەوێڵە لە قەزای هەڵەبجە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سەرچنار، سلێمانی، تەوێڵە و سەید سادق تەواو کردووە.







ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٥ لە پەیمانگای کەلەپوری نەتەوەیی لە بەغدا وەرگیراوە. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە بەرگەڵووی دۆڵی جافەتی لە چاپخانەی برایم عەزۆی سەر بە دەزگای ناوەندیی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆتە پێشمەرگە. لەوێ وەك دیزاینەری ڕۆژنامەکانی «ڕێبازی نوێ» و «شەرارە»و بڵاوکراوەکانی تری شۆڕش و پۆستەرە سیاسییەکان کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا لەگەڵ هەر یەك لە محەمەد موکری، فەرید ئەسەسەرد، سەلام زەندی، حەمە کەریم عارف و فایز یونس ناسراو بە ئەبو شەهاب گۆڤاری «کەلتور»ی دەرکردو تێیدا وەك ئەندامی دەستەی نوسەران و سەرپەرشتیاری هونەری کاری کرد. هەر ئەو ساڵە لە گوندی شاناخسێ بە چەکی کیمیایی بریندار بوو. لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا هەموو ڕۆژ لاپەڕەیەك یادەوەریی خۆی تۆمار کردووە. هەر لەو ساڵەشدا دیوانە شیعرێکی بە ناوی «ئاژێر» بڵاوکردەوە کە ناوەڕۆکەکەی تێکەڵەیە لە هۆنراوەو هێڵکاری.

پاش گواستنەوەی بارەگای دەزگای ناوەندیی ڕاگەیاندن بۆ شاری سەقز لە ئێران، بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی لە چاپخانە. ساڵی ١٩٨٩ لە کۆبونەوەی فراوانی کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان، بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراو بووە بەرپرسی بەشی هونەری شێوەکار. ساڵی ١٩٩٠ لە گۆڤاری «ڕەنگاڵە» وەك سەرپەرشتیاری هونەری و نوسەر کاری کردووە. گۆڤارەکە کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان دەری کردووەو سەرنوسەرەکەی فازل قەساب بوو. لەو ماوەیەی کە تێیدا لە ئێران بوو، چەند پیشانگایەکی لە شارەکانی تاران، سەقز، سنەو سەردەشت کردەوە کە لە هەر هەموویاندا کیمیابارانی

هەڵەبجە بابەتێکی سەرەکی بوو. لەو ماوەیەدا ژمارەیەك لە تابلۆکانی کرانە پۆستەرو پۆستکارت و بە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی بە جیهاندا بڵاوکرانەوەو وەك گوزارشتێك لە کارەساتی هەڵەبجە لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەی جیهانیدا نمایش کران.

ساڵی ١٩٩٠ بۆ کردنەوەی پیشانگایەك لەسەر کارەساتی هەڵەبجە، لەگەڵ هونەرمەند رەمزی قوتبەددین بانگهێشتی پاریس کرا. یەکەم پیشانگای کە بە ناوی هیرۆشیمای کورد لە ئینستیتوتی کورد لە پاریس کرایەوە، دەنگدانەوەیەکی میدیایی گەورەی هەبوو و رۆژنامەی بەناوبانگی فەرەنسیی «لومۆند» یەکێ لە تابلۆکانی بە رەنگاورەنگی بڵاوکردەوە. لەم سەروبەندەشدا تەلەفزیۆنی کەناڵ پلۆسی فەرەنسی، هەردوکیانی بانگهێشت کرد و چاوپێکەوتنێکی تێر و تەسەلی لەگەڵ کردن کە تێیدا باسی کارەساتی هەڵەبجەیان کرد. پاش ئەم پیشانگایە، لەسەر داوای تاڵەبانی لە فەرەنسا مایەوەو گەشەی بە چالاکییە هونەرییەکانی دا.

لە ساڵانی ١٩٩٠ و ١٩٩١ دا چەند پیشانگایەکی کردەوەو چەند نوسینێکیش لە رۆژنامە فەرەنسییەکاندا لەسەر بەرهەمەکانی بڵاوکرانەوەو ناوی خرایە کەتەلۆگی هونەرمەندانی باکوری فەرەنساوە. هەر لەو ماوەیەشدا بەشێك لە یاداشتەکانی رۆژانەی کە لە بەرگەڵوو نوسی بووی، وەرگێڕدرانە سەر زمانی فەرەنسی و هەردوو دەزگای ئۆبرادۆرو لاهارمەتا وەك بەرهەمێکی هاوبەش بڵاویان کردەوە، هەر لەو ماوەیەشدا لەگەڵ هەردوو خانمی هونەرمەندی فەرەنسایی و پۆڵۆنی، ئیدید هێنری و کارینا واشکۆ رێکخراوی باڵندەبارانی دامەزراند کە پرۆژەیەکە لە رێگای هونەرەوە باسی ئێش و ئازارەکانی مرۆڤی کوردی کردووە.

ساڵی ١٩٩٢ چوو بۆ بریتانیاو ساڵی دواتر لە زانکۆی میدڵسێکس لە شاری لەندەن دەستی بە خوێندن کرد لە بواری هونەردا. ساڵی ١٩٩٧ خوێندنی لەو زانکۆیە تەواو کرد. هەر ئەو ساڵە پێنج هەزار پۆرترێتی لەسەر قوربانییانی کارەساتی هەڵەبجە لە یادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەدا لە پەرلەمانی بریتانیا نمایش کرد کە هەردوو پەرلەمانتاری دۆستی کورد خانم ئان کلوود و جێفری ئارچەر مۆمی یادەکەیان هەڵگیرساند.

ساڵی ١٩٩٧ لە هەمان زانکۆ دەستی بە خوێندنی باڵا کردو بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێنا.

ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ خانمە هونەرمەندی نەمسایی ئەندریا تیرنی رێکخراوی ئارت ئین کۆمۆنی دامەزراند کە لە خوێندنگەو سەنتەرە هونەرییەکاندا کاری لەسەر پەروەردەی هونەری کردووە. ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ شانۆی لیریك لە پرۆژەی پەروەردەی هونەری کاری کرد. ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ سەنتەری شانۆی ئیتالیی تی پی ئۆ پرۆژەی شانۆی «باخچەی کورد»ی ئەنجام دا کە لە فستیڤاڵە جیهانییەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستورالیاو ژاپۆن و دوبەی بەشداری کردووە.

ساڵی ٢٠٠٤ بە مەبەستی دامەزراندنی مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ گەڕایەوە بۆ کوردستان و دواتر ئەم ئامانجەی هێنایە دی. ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆلیجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی وەك مامۆستا دەستبەکار بوو. ساڵی ٢٠٠٧ بۆ خوێندنی دکتۆرا گەڕایەوە بۆ لەندەن و لە زانکۆی میدڵسێکس دەستی بە خوێندنی دکتۆرا کردو ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت. لە پێشەکیی تێزی دکتۆراکەیدا پرۆفیسۆری هۆڵەندی کیتی زیلمان نوسیویەتی «رێبوار باڵیۆزی راستەقینەی دروستبونی ژێرخانی کەلتوریی سلێمانییە لە کوردستان». ساڵی ٢٠١٣

بووە راگری کۆلیجی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سلێمانی.


بابەتی پەیوەندیدار:

*کەلتور (گۆڤار).

*رەنگاڵە (گۆڤار).

*یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان.

## رێبەر (گۆڤار)




گۆڤارێکی روناکبیریی پێشمەرگانەیە، مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩ دەری کردووە. خاوەنی ئیمتیازەکەی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەیە. سەرنوسەرەکەی بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگایەو بەڕێوەبەری نوسینەکەی ئیسماعیل خالیدە.


تا تشرینی دووەمی ٢٠١٩ سێ ژمارە لەم گۆڤارە دەرچووە، لە ژمارەی یەکەمدا گۆڤارەکە هەرچەند هەموو مەرجەکانی گۆڤاری تێدا بووە، بەڵام وەك بڵاوکراوە خۆی ناسیوەو لە تایتڵێکدا لە ژێر ناوەکەیدا بە شێوەی «بڵاوکراوەیەکی هۆشیاری و روناکبیریی ناوخۆیی «گوزارشتی لە ناسنامەی خۆی کردووە. لە سەروتاری یەکەم ژمارەدا، دیسان جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە گۆڤارەکە بڵاوکراوەیە نەك گۆڤارو لە پێناسەدا جەخت کراوەتە سەر «هۆشیاری» و «روناکبیری» وەك دوو مەبەستی سەرەکیی دەرکردنی گۆڤارەکە. سەروتاری یەکەم ژمارە ئەوە بە بیر دێنێتەوە کە پێش ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی تر بە ناوی «رێبەری پێشمەرگە» دەرچووە. ئەمەش شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کە سەروتار خوازیارە ئەو پەیامە بگەیەنێ کە «رێبەر» لە گەوهەردا درێژەپێدەری گۆڤاری «رێبەری پێشمەرگە»یە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٨-٢٠١١ دەرچووە. بەڵام لە ژمارە ٢ دا گۆڤارەکە ناسنامەیەکی تری وەرگرتووەو بە شێوەی «گۆڤارێکی پێشمەرگانەی هەمەرەنگ» خۆی ناسیوە.

لە هەر سێ ژمارەدا چەردەیەك بابەتی هەمەجۆر بڵاوکراونەتەوە لەوانە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مستەفا چاوڕەش ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە تێیدا هیوای خواستووە «لە کاتێکی گونجاودا کۆنگرە ببەسترێت» و ئەو کۆنگرەیە بۆ «یەکگرتویی بێ نەك بۆ بەلاوەنانی یەکتر». هەروەها بابەتێك بە ناونیشانی «ئاشتبونەوەی کورد لەگەڵ سایکس- پیکۆ» بڵاوکراوەتەوە کە فەرید ئەسەسەرد نوسیویەتی و لەمەوبەر لە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ« بڵاوکراوەتەوە، سەرباری چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عوسمان عوزێری لەسەر شۆڕشی دیاربەکر کە بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا ئامادەی کردووەو بابەتێك لەسەر جینۆسایدی ئەرمەن کە سەعدیە محەمەد فەرەج کافرۆشی وەری گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. هەروەها گۆڤارەکە بە

بۆنەی سی و یەکەمینساڵیادی ئۆپەراسیۆنەکانی ساڵی ١٩٨٨ی ئەنفالەوە، وتارێکی مەلا بەختیاری بە ناونیشانی «ئەنفال تراژیدیای نەتەوەو ئۆباڵی ئیستامان» بڵاو کردۆتەوە. جگە لەوە، دوو شرۆڤەی دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب کە یەکێکیان سەبارەت بە گەروی هورمزەو ئەوی تر لە جەنگی بۆشایی ئاسمان دەکۆڵێتەوەو وتارێکی دکتۆر کامەران محەمەد دەربارەی خزینی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بۆ کوردستان لە گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە، هەروەك ئەکرەمی میهرداد وتارێکی دەربارەی پەیوەندیی نێوان کوردی عیراق و سوننەی عەرەب بۆ گۆڤارەکە نوسیوە. لە نمایش کردنی کتێبیش، ئاوات کۆکەیی خوێندنەوەیەکی بۆ کتێبی «دەنگی خاك» ی حەمەی حەمە سەعید کردووە. جگە لەم بابەتانە، گۆڤارەکە چەند بابەتێکی تری بڵاوکردۆتەوە لەوانە وتارێکی عەبدوڵڵا دڕەیی دەربارەی تێکۆشانی کوردی تورکیا، وتارێکی نەهرۆ شوکر شێخانی دەربارەی مادده هۆشبەرەکان و وتارێکی محەمەد مەجید عەسکەری دەربارەی جینۆسایدی کورد، سەرباری ریپۆرتاژێك دەربارەی دامەزراوەی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەو وتارێك دەربارەی سیستمی موچەی پێشمەرگە. هەروەها لە ژمارە ٣ دا سەرنوسەری گۆڤارەکە شرۆڤەیەکی دەربارەی تیرۆر لە شۆڕشی فەرەنسا بڵاوکردۆتەوە.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ٢٩ بە ٢٠,٥ سم دەرچووە. یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە ٤٤ لاپەڕەیە، لە کاتێکدا ژمارەی دووەم لە دوتوێی ٤٨ لاپەڕەو ژمارەی سێیەم لە دوتوێی ٥٦ لاپەڕە دەرچون. دیزاین و کاری هونەریی گۆڤارەکە ئومێد گێڵەرەیی لە ئەستۆی گرتووەو کارە کۆمپیوتەرییەکان گۆران عەبدوڵڵا شنە محەمەد نەجات، سەرمەند محەمەد سەلیم و بنار فایق ئەنجامیان داوە. دیزاینی گۆڤارەکە لە ئاستێکی باش دایەو وێنەی تێدا بەکار هاتووە. گۆڤارەکە کاریکاتێری لە ئینتەرنێتەوە وەرگرتووەو سەرلەنوێ بڵاوی کردۆتەوە. بەرگی دواوەی ژمارەی یەکەم بە هۆنراوەیەکی شێرکۆ بێکەس و هی ژمارەی دووەم بە وێنەیەکی فۆتۆگرافی پێشمەرگە بەشداربووەکانی شەڕی ساڵی ١٩٦٥ی کۆڕەك رازێنراوەتەوە. لە ژمارەی سێیەمیش، لە بەرگی دواوە نەخشەی کوردستانی گەورەو هۆنراوەیەکی تەهای حاجی مەحمود دانراوە.

## رێبەری پێشمەرگە (گۆڤار)




گۆڤارێکە چوار ژمارەی هەوەڵی، بە ناوی «رێبەری سیاسی» دەرچووەو لە ژمارە پێنج بەدواوە ناوەکەی بۆتە «رێبەری پێشمەرگە»و پێناسەکەی بۆتە گۆڤارێکی سیاسی- سەربازیی تایبەت بە هۆشیاریی گشتیی پێشمەرگە، مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگە دەری کردووە.

کوردۆ قاسم یەکەم سەرنوسەری گۆڤارەکەیە کە پێی وتراوە بەرپرسی گۆڤار و جێگرەکەی بێستون سابوراواییە. ئەم گۆڤارە لە ژمارە یەك دەست پێ ناکا، بەڵکو لەو روانگەیەوە کە درێژەپێدانی گۆڤاری رێبەری سیاسییە، لە ژمارە پێنجەوە دەست پێ دەکا. لە ژمارە پێنجدا دەستەی نوسەرانی نەبوەو راوێژکارەکەی ئاریز عەبدوڵڵا بووە. تیراژی هەزار دانەی لێ چاپ کراوە. ئەم ژمارەیە لە نیسانی ساڵی ١٩٩٨ دەرچووە.

لە ژمارە٦دا پێناسەکەی بووە بەگۆڤاری هۆشیاریی گشتیی پێشمەرگە. لەم ژمارەیەدا کوردۆ قاسم بۆتە خاوەنی ئیمتیازو بێستون سابوراوایی بۆتە سەرنوسەر. دەستەیەکی نوسەرانیشی بۆ دانراوە کە ئەندامەکانی ئەمانەن: محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی، محەمەد جەواد مستەفا، نیاز سەعید عەلیو بڵند مەنمی.

لە ژمارە ٧دا دەستەی نوسەران عەبدوڵڵا تەلانیی بۆ زیاد کراوەو پشکۆ تۆفیق بۆ راپەڕاندنی کاروباری گۆڤارەکە دیاری کراوە. بابەتەکانی ئەم ژمارەیە لەبنکەی کۆمپیوتەری مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگە تایپو دیزاین کراون. تیراژی ١٢٠٠ دانەی لێ چاپ کراوەو لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ دەرچووە.

لە ژمارە ٨ دا شێرزاد رەنجەڕۆ بۆتە بەڕێوەبەری نوسین. قەبارەی ئەم ژمارەیە نیو فولسکابەو لەدیسەمبەری ١٩٩٨دا دەرچووە.

ساڵی ١٩٩٩ تەنها دوو ژمارەی بەقەبارەی فولسکاب لێ دەرچووە. لەم دوو ژمارەیەدا شێرزاد رەنجەڕۆ بۆتە سەرنوسەرو سەلاح رەنجدەر بەڕێوەبەری نوسینە. دەستەی نوسەرانیش لە بڵند مەنمیو عەبدوڵڵا تەلانی پێکهاتووە.

ساڵی ٢٠٠٠ پاش دەستبەکاربونی یاسین رەئوف وەك سەرنوسەر، گۆڤارەکە پەرەسەندنێکی تەکنیکیی بەخۆوە بینی، ئەرکی سەرپەرشتیاری چاپ بە پشکۆ تۆفیق سپێردراو کاروباری هونەری بە چیا عومەرو درەخشان حەمە فارس.

لە ژمارەکانی پاشتردا مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگە بۆتە خاوەنی ئیمتیاز. بەڵام لە ژمارە ٧٥ جەعفەر شێخ مستەفا وەك خاوەنی ئیمتیاز جێی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەی گرتۆتەوەو سەلاح رەنجدەر بۆتە سەرنوسەر. لە ژمارە ٧٩-٨٠ دا رەنج جەعفەر بۆتە سکرتێری نوسین و لە ژمارەی پاشتردا دەستەی راوێژکاران فراوان دەکرێو لە فەرید ئەسەسەرد، فازل کەریم ئەحمەد، دکتۆر دلێر ئەحمەد، دکتۆر جەزا تۆفیق تالب، محەمەد نوری تۆفیق و شەمسەددین زێباری پێکدێ. بەرگی گۆڤارەکەش لە چاپخانەی شڤان چاپ کراوە. لە ژمارە ٨٢-٨٣ دەستەی راوێژکاران هەڵۆ مەحمودو شێرزاد رەنجەڕۆی بۆ زیاد دەکرێ.

لە ژمارە ٨٥ سالار مستەفاو بەڵێن ئەحمەد دەبنە ئەندامی دەستەی نوسەران و لە ژمارە ٩٠ محەمەد مەجید وەك وەرگێڕ دەبێتە ئەندامی دەستەی نوسەران. لە ژمارە ٩٩ بەدواوە بەشێکی راوێژکاران ناویان لە لیستی راوێژکاران نامێنێو هەندێ ناوی تری بۆ زیاد دەکرێ.

ئەم گۆڤارە تا ژمارە ١٢٠ بەردەوام بووەو پاشان وەستاوە. بەم پێیە یەکەم ژمارەی کە بە ناوی رێبەری پێشمەرگەوە دەرچووە، لە نیسانی ساڵی ١٩٩٨ دەرچووەو ژمارە ١٢٠ کە دوا ژمارەیە لەئەیلولی ساڵی ٢٠١١ دەرچووە. بەم پێیە، دوایین خاوەنی ئیمتیازی، جەعفەر شێخ مستەفایەو دوایین سەرنوسەری سەلاح رەنجدەرە کە هەردوکیان لە ژمارە ٧٥وە تا ژمارە ١٢٠ خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری بونو دوایین دەستەی نوسەرانیش لە سالار مستەفاو محەمەد مەجید

عەسکەری‌و سۆزان محەمەد خالید پێکهاتووە.

ئەم گۆڤارە ڕۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی زانستی عەسکەری لە ناو هێزی پێشمەرگەدا هەیەو ڕۆڵێکی کاراشی لە دیکۆمێنت کردنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩١دا گێڕاوەو لەم ڕووەوە بایەخێکی تایبەتی بە قۆناغی پارتیزانیی پاش ئەنفالەکان داوەو بەشێك لە شەڕە گرنگەکانی شەڕی ناوخۆی ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨یشی بە وردی دیکۆمێنت کردووە، جگە لەوەی کە لە ڕوی ڕۆشنبیری‌و هۆشیاریی سیاسیشەوە هەوڵیداوە ئاستی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە.

ژمارەیەکی زۆر نوسەر و ڕۆژنامەنوس و تۆژەر و مامۆستای زانکۆکان بابەتیان لە گۆڤارەکە بڵاوکردۆتەوە لەوانە ڕەنج جەعفەر، سالار مستەفا کەریم، عەبدولخالید سابیر، خەیری شنگالی، هەڵۆ پێنجوێنی، سەلاح دیلمانی، ئەرسەلان حەسەن، سمکۆ بڵباس، دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، هەڤاڵ ئەبوبەکر، عوسمان کانی پانکەیی، مستەفا چاوڕەش، بێستون محەمەد سەنگاوی، سەلاح ڕەنجدەر، کاوسێن بابەکر، ئارام قادر خەبات، شێرزاد ڕەنجەڕۆ، دکتۆر جەزا تۆفیق تالیب، بەرزان حاجی برایم چەرمەگا، بەڵێن مۆفەری، ڕەسول عومەر لەتیف ناسراو بە وەستا ڕەسول، محەمەد مەجید عەسکەری، عەبدوڵڵا کانی بەردی، فەیسەل خۆشناو، یاسین ڕەئوف ڕەسول، دیاری محەمەد.

## ڕێبەری سیاسی (گۆڤار)

گۆڤارێکە سەرەتا وەك بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی‌و تایبەت بە ڕێبەرە سیاسییەکان لە لایەن بەشی روناکبیریی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەوە دەرچووەو وا دانرابوو کە گۆڤارەکە «هاندەرو سازدەرێکی




هۆشیاریی ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان» بی‌و لە یەکەم ژمارەدا زۆر جەخت کراوەتە سەر ئەوەی کە بڵاوکراوەکە بڵاوکراوەیەکی تایبەتەو بەهیچ شێوەیەك نابێ بچێتە دەرەوەی ریزەکانی ڕێکخستن.

هەموو ژمارەکانی ئەم بڵاوکراوەیە بە قەوارەی ١٤,٥ بە ٢٠,٥ سم دەرچوون. تەنها چوار ژمارەی لێ دەرچووە کە ژمارەی لاپەڕەکانیان جێگیر نیەو لەم سەروبەندەدا ژمارەی لاپەڕەکانی هەر چوار ژمارە بە ڕیز بەمجۆرەیە: ٢٤، ٨٠، ٨٠،٩٠.

یەکەم ژمارەی ئەم بڵاوکراوەیە لە تەموزی ساڵی ١٩٩٦ دەرچـووەو ئامانجەکەی هۆشیارکردنەوەو پەروەردەکردنی ڕێبەرە سیاسییەکان بووە. بڵاوکراوەکە لە ژمارە ١و ٢دا ناوی بەرپرس و ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە.

ژمارە ٢ی بڵاوکراوەکە لە بنکەی کۆمپیوتەری تیشك تایپ کراوەو لە چاپخانەو ئۆفسێتی تیشك لە سلێمانی چاپ کراوە، هەزار دانەی لێ چاپ کراوەو لە٢٠ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە.

له ژماره ٣دا بڵاوکراوەکە وەك گۆڤاری سیاسی و هۆشیاریی گشتیی پێشمەرگە خۆی ناساندووەو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکات. ئەم ژمارەیە لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە، بەرپرسەکەی عومەر فەتاح بووەو جێگری بەرپرسەکەشی بێستون سابوراوایی.

له ژماره ٤ دوو راوێژکاری سەربازیی بۆ دانراوە کە ئەمانەن: محەمەد عەزیزو سەلاحەددین مستەفا. له ژماره ٥ بەدواوە ناوەکەی گۆڕاوەو بۆتە «ڕێبەری پێشمەرگە».

بابەتی پەیوەندیدار:

* ڕێبەری پێشمەرگە (گۆڤار).

## ڕێبین محەمەد سۆفی



پێشمەرگەی دێرین و کادیری ڕێکخستن. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی شاری هەولێر. هەر سێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر بڕیوە. ساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکیی لە بەشی کارەبای پەیمانگای تەکنیکیی بەغدا بەدەست هێناو هەر هەمان ساڵیش پەیوەندیی بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

لە ماوەی نێوان ١٩٧٩ و ١٩٨١دا یاریدەدەری تێبینەری تەکنیکی بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێوبانی هەولێر. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە تیپی ٨٣ی هەورێ بوو بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٣ لە سنوری کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندزی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کادیری ڕێکخستن بوو. ساڵی ١٩٨٥ بووە ڕێکخەری ڕێکخستن لە تیپی ١٩ی کۆڕەك لە سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێر. ساڵی ١٩٨٧ بووە رابەری سیاسیی تیپی ٧٨ی کاروخ. لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨بووە جێگری فەرماندەی تیپی ١٢ی سۆران و لە کۆتایی مانگی تەموزدا بووە لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە سنوری تیپی ١٩ی کۆڕەك.


لە قۆناغی پارتیزانیدا، لە مانگی ئابی ١٩٨٨دا بووە لێپرسراوی مەفرەزەیەکی پارتیزانەکان لە سنوری شارۆچکەکانی سۆران و ڕەواندزو خەلیفان و شەقڵاوەو تا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوو لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە.

لە ساڵانی ١٩٨٩- ١٩٩٠ بووە لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە هەر سێ تیپی ٦٤ی گەڵاڵەو ٧٣ی قەندیل و ٧٩ی سادر. ساڵی ١٩٩٠ لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی پێشمەرگە بوو لە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتی لە قاسمەڕەش و چەند مانگێك پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ کراوەتە رابەری سیاسیی بەتالیۆنی ٤ی باڵەك.

لە کاتی ڕاپەڕیندا لەگەڵ ڕزگارکردنی شەقڵاوەدا بووە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی ڕەواندزو دواتریش بووە فەرماندەی بەتالیۆنی ٢٩ی دەشتی هەریر.

لە تەموزی ١٩٩١ کراوەتە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی چۆمان و لە حوزەیرانی ساڵی پاشتردا بووە کارگێڕی مەڵبەندی ٦ی سۆران. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٣دا بووە لێپرسراوی کۆمیتەی باڵای ڕێکخستنی پێشمەرگایەتی و هاوکات جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر بوو بۆ کاروباری پێشمەرگایەتی.

ساڵی ١٩٩٤ کراوەتە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی و لە مانگی نیسانی ساڵی




١٩٩٦دا کراوەتە جێگری لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکان لە تاران.

لە مانگی ئابی ١٩٩٦ بووە بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیای خۆراك و بۆ ساڵی دواتر بووە جێگری پارێزگاری هەولێر لەکۆیەو بۆ ماوەی حەوت ساڵ و نیو لەم کارە مایەوە.

ساڵی ٢٠٠٢ خوێندنی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای بەدەستهێنا. ساڵی ٢٠٠٤ لێپرساوەتیی مەڵبەندی ٦ی ڕێکخستنی سۆرانی پێ سپێردراو هەر لەو ماوەیەشدا سەرقاڵی خوێندنی باڵا بوو لە زانکۆی کۆیە. ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی ماستەری لە بواری یاسای گشتی لە کۆلیجی یاسای زانکۆی کۆیە بەدەستهێنا. بابەتی ماستەرنامەکەی توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکار بوو لەسەر مافەکانی گەلی کورد لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق. ساڵی ٢٠٠٩ لێپرساوەتیی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١٢ بووە مامۆستا لە کۆلیجی یاسای زانکۆی جیهان لە هەولێر.

ساڵی ٢٠١٦ بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی یاسای گشتیی کۆلیجی ماف و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی عەرەبیی بەیروت بەدەست هێنا. بابەتی توێژینەوە ئەکادیمییەکەی، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارە سەبارەت بە ڕێوشوێنە دەستورییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوری ناوخۆیی لە دەوڵەتی فیدرال و بەم هۆیەوە بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری مافدا بەدەستهێنا.

## ڕێکخراو

١-نزمترین ئاستی ڕێکخراوەیی لق. بەپێی سیستمی لقەکان کە ساڵی ١٩٧٧ لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری پێ کراوە، چەند ڕێکخراوێك لیژنەیەکی ناوچەیان لێ پێك دەهات و چەند لیژنەیەکی ناوچەش لقیان پێك دەهێنا. ڕێکخراو زۆرتر بۆ ڕێکخستنی قەڵەمڕەوی ناحیەکان تەرخان کرابوو. ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی لقەکاندا، ڕێکخراوەکانیش هەڵوەشانەوە.

٢-یەکەیەکی ڕێکخستنە هەم لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کاری پێ کراوە هەم لەڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی سێیەم کۆنفرەنسی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ساڵی ١٩٨٤، ڕێکخراو باڵاترین یەکەی ڕێکخستنە لە شارێك یان لە ناوچەیەکی دیاریکراوو لەسەرجەم ڕێکخستن و کەرت و پۆلەکانی شارێك یان ناوەندێك پێکهاتووە.

لە ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا لەبری ڕێکخراو، کۆمیتەی ڕێکخراو هەیە، بەڵام کۆمیتەی ڕێکخراو بەو جۆرەی کە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی شۆڕشگێڕان دیاریی کردووە، دەسەڵاتی کەمترە

لەدەسەڵاتی یەکەی ڕێکخراوی کۆمەڵەو زۆرتر لە ئاستی کەرتی ڕێکخستندایە. کۆمیتەی ڕێکخراوی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەچەند شانەیەك یان لە ڕشتەیەکی بەرهەمهێنان پێکدێ کە کۆمیتەی ناوچە دیاریی دەکات و کارگێڕییەکەی لە ٣-٥ ئەندام پێکدێ.

بەپێی پەیکەری ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، ڕێکخراو یەکەیەکە لەخوارووی کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە، بۆیە دەسەڵاتێکی زۆری پێ دراوەو دەستە بەڕێوەبەرەکەی کە پێی دەوترێ کۆمیتەی ڕێکخراو لە لێپرسراوێك و ٢ ئەندامی کارگێڕ پێکدێ. ئەنجومەنەکەشی لە ئەندامانی کۆمیتەی ڕێکخراوو لێپرسراوی کەرتەکان پێکدێ.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ڕێکخراو «بەرپرسە لەبەڕێوەبردن و هاندان و ئاڕاستەکردنی ڕێکخستنی کۆمەڵەو کەرتەکانی و لەسەرکردایەتی کردنی جەماوەری ئەو شارو ناوچەیە». بەپێی ئەو دەسەڵاتانەش کە پەیڕەوی ناوخۆ بەڕێکخراوی بەخشیوە، ڕێکخراو دەسەڵاتی وەرگرتن و دەرکردنی ئەندام و هەموو جۆرە سزایەکی ڕێکخراوەیی هەیە، هەروەها دەسەڵاتی دەرکردنی بەیاننامەی دەربارەی ڕووداوە خۆماڵییەکانی سنوری چالاکیی خۆی هەیە.

پەیڕەوی ناوخۆ هیچ مەرجێکی بۆ لێپرسراوانی ڕێکخراوەکان دانەنا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لێپرسراوی ڕێکخراو دەبوایە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بێ، یاخود لانی کەم کادیرێکی پێشکەوتوو بێ.

## ڕێکخستنی ناوخۆ (دەزگا)

دەزگایەکە ساڵی ١٩٧٧ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی نهێنیی ناو شارەکان پێکی هێناوە. ئەم دەزگایە لەلێپرسراوێك و پێنج بەرپرسەکەی لقەکانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی و بەغداو کەرکوك پێك دەهات. عەلی هەژار لێپرسراوی دەزگاکە بوو، بەرپرسی لقەکانیش ئەمانە بوون: بەرپرسی لقی دهۆك مەلا عەلی مزوری، بەرپرسی لقی سلێمانی جەمال حەکیم ئاغا، بەرپرسی لقی بەغدا حەسەن عوسمان، بەرپرسی لقی کەرکوك محەمەد فاتیح، لقی هەولێر بەرپرسێکی دیاریکراوی نەبوو، بەڵام چەند کادیرێك سەرپەرشتییان کردووە لەوانە عەلی ڕەسوڵ، سەعد عەبدوڵڵا، عەبدولڕەحمان مامە، عەبدوڵڵا ئیسماعیل.

ئەم دەزگایە تا نەورۆزی ١٩٧٩ لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کاری کردووە. پاش جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەزگاکە بەشێکی لقی سلێمانیی لێ دەرچێ، هەمووی لەگەڵ بزووتنەوە لە یەکێتی جیا بۆوە.

## ڕێککەوتننامەی سەری ڕەش

ڕێککەوتننامەی دابەش کردنی پۆستە باڵاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە نێوان تاڵەبانی و بارزانی و هەروەها لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ لە سەری ڕەش.

لە ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ تاڵەبانی بە سەرۆکایەتیی شاندێك کە لە عومەر سەید عەلی، مستەفا سەید قادر و کۆسرەت ڕەسول عەلی پێکهاتبوو، گەیشتە سەری ڕەش و دواتر بە دووقۆڵی لەگەڵ بارزانی کۆ بۆوە. دوای کۆبونەوەکە هەردوکیان کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانییان ساز کرد، تێیدا ڕایانگەیاند کە ڕێککەوتننامەکیان بۆ



دابەش کردنی پۆستە باڵاکانی عیراق و هەرێمی کوردستان لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆ کردووە. هەر لەو کۆنفرەنسە رۆژنامەوانییەدا دوو کۆپیی واژۆکراوی رێککەوتننامەکەیان گۆڕییەوە. بەڵام دەقی رێککەوتننامەکە لە میدیاکان بڵاو نەکرایەوە.

بەپێی رێککەوتننامەکە، هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتبون کە لەبەر «بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیی گەلی کوردستان» بڕیاریان داوە لە هەڵبژاردنی داهاتوی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و پەرلەمانی کوردستاندا بە یەك لیستی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و پۆستە باڵاکانی عیراقیش بەو جۆرە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن کە پۆستی سەرۆکی کۆمار یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بۆ تاڵەبانی بێ و پۆستی سەرۆکی هەرێم بۆ بارزانی. سەبارەت بە پۆستە باڵاکانی هەرێمی کوردستانیش، لە رێککەوتننامەکەدا لەسەر ئەوە رێککەوتبون کە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگرەکەی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێ، پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و جێگرەکەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بێ. هەروەها هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتبون کە دابەش کردنی پۆستە باڵاکانی عیراق و هەرێمی کوردستان « بە یەکەوە بەستراونەتەوە» و ماوەی رێککەوتنەکەش تا دانانی دەستوری هەمیشەیی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەبێ.

لە ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ بەکردار دەست بە جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەکە کراو هەردولا بە لیستێکی هاوبەش بەناوی لیستی دیموکراتی نیشتمانیی کوردستان بەشدارییان لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و پەرلەمانی کوردستاندا کرد.

لە ٦ی نیسانی ٢٠٠٥ دا تاڵەبانی لە لایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقەوە بە سەرۆکی

کۆماری عیراق لە قۆناغی گواستنەوە هەڵبژێردرا.

هەر ئەو ڕۆژە کۆبونەوەی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات لە دوکان بەستراو تێیدا، پاش تاوتوێ کردنی مەسەلەی دەستبەکاربونی پەرلەمان، بڕیار درا ڕۆژ ٢٤ی نیسان کە یادی ٣١ ساڵەی بۆردومان کردنی شاری قەڵادزێیە، پەرلەمان کۆ ببێتەوە. لەو کۆبونەوەیە بڕیار درا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی عەدنان موفتی ببێتە سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات کەمال کەرکوکی ببێتە جێگری، فرسەت ئەحمەدیش ببێ بە سکرتێری دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان.

پێش دەستبەکاربونی پەرلەمان، هەردولا هەوڵەکانیان بۆ ڕێککەوتن لەسەر یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم چڕ کردەوە. بەڵام لە ٢٤ی نیساندا پەرلەمان کۆ نەبۆوە چونکە هیچ کارێك بۆ ڕێکخستنی کۆبونەوەکە نەکرا بوو، بۆیە بڕیار درا وادەکە بۆ ٣٠ی نیسان دوا بخرێ.

لە کۆبونەوەی ٢٨ی نیساندا مەکتەبی سیاسیی هەردولا بنەما گشتییەکانی یاسای سەرۆکایەتییان تاوتوێ کرد و بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشتن چونکە یەکێتیی نیشتمانی سیستمێکی پەرلەمانیی هاوشێوەی سیستمی پەرلەمانیی عیراقی دەویست، پارتیش خوازیاری سیستمی سەرۆکایەتی بوو و دەیویست سەرۆك لە دەرەوەی پەرلەمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵببژێردرێ، جێگری نەبێ، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایش بێ.

لە ٣٠ی نیساندا کۆبونەوەی پەرلەمان نەبەسترا. پارتی دیموکرات نەیدەویست پێش ڕێککەوتن لەسەر یاسای سەرۆکایەتی، پەرلەمان کۆ ببێتەوە. پێشتر پارتی پڕۆژەی دەستورێکی بۆ هەرێمی کوردستان پێشنیار کردبوو. لە ماددەی ٤٠ی پڕۆژەکەدا ئەوە هاتبوو کە سەرۆکی هەرێم بە هەمان شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆماری عیراق هەڵدەبژێردرێ. یەکێتی لاریی لەم دەقە نەبوو. لەو ماوەیەدا پارتی دەقی پڕۆژە یاسایەکی سەرۆکایەتیی پێشکەش کرد سیستمی سیاسیی کوردستانی تێدا کردبووە سیستمێکی سەرۆکایەتی. پڕۆژە یاساکە لە هەندێ ڕووەوە لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤دا نەدەگونجا، بەتایبەتی لەو ماددەیەی کە بۆ خولەکانی سەرۆکی هەرێم دیاری کرا بوو. لە کاتێکدا وا دانرابوو کە ڕێککەوتنی ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ تا «هەڵبژاردنی داهاتوو»، واتە تا کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ بەردەوام بێ، پارتی داوای دەکرد خولەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عیراقەوە نەبەسترێنەوەو بارزانی بۆی هەبێ بۆ سێ خول، واتە بۆ ١٢ ساڵ، بۆ پۆستی سەرۆکایەتی لە دەرەوەی پەرلەمان هەڵببژێردرێ. پڕۆژەکەی پارتی لە ماددەی ٨دا دەیویست براوەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بە زۆرایەتییەکی سادە، نەك ڕەها، سەرکەوتن بەدەست بێنێ، واتە مەرجی بۆ زۆرایەتیی دەنگەکان دانانەبوو کە دەبێ براوە نیوەی زیاتری دەنگەکان بەدەست بێنێ. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە پارتی لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا کەمتر بکەوێتە ژێر کاریگەریی مەرجەکانی یەکێتی. پڕۆژەکە لە ماددەی ١٦دا، وەك نەرمی نواندنێك، پێشنیاری کردبوو سەرۆکی هەرێم بەدوو شێوە هەڵببژێردرێ، جاری یەکەم لە ناو پەرلەمان و جاری دووەم و سێیەم بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ لە دەرەوەی پەرلەمان.

پڕۆژە پێشکەشکراوەکە ئەوەی پێوە دیار بوو کە پارتی دەیەوێ لە ڕێی سیستمی سەرۆکایەتییەوە

هەژمونی خۆی بەسەر تەواوی جومگە سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایی کوردستاندا بسەپێنێ و زۆرترین دەسەڵات بۆ سەرۆکەکەی دەستەبەر بکات. ئەوە بۆ خۆی مایەی تێڕامانە کە سەرەڕای وردەکارییەکانی ناو پڕۆژەکە، هیچ ئاماژەیەکی بۆ باس کردنی شێوەی لێخران و لاچون و جێگرتنەوەی سەرۆکی هەرێم تێدا نەبوو.

تاکتیکی پارتی بۆ دروست کردنی فشار لەسەر یەکێتی، دواخستنی کۆبونەوەی پەرلەمان بوو. پارتی خوازیار بوو لە دەرەوەی پەرلەمان ڕێککەوتن لەسەر یاسای سەرۆکایەتی بکرێ و نەیدەویست ئەم پرسە بۆ پەرلەمان بهێڵێتەوە.

لە٨ی ئایاردا مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بروسکەیەکدا بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شتێکی وای دەربڕی ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرا کە پارتی بیر لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ دەکاتەوە.

لە ١٥ی ئایاردا مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە سلێمانی کۆ بۆوەو مەسەلەکەی تاوتوێ کردو هەڵوێستی خۆی لە چەند بڕیارێکدا دیاری کرد. مەکتەبی سیاسی لە کاتێکدا پابەندبونی خۆی بە ڕێککەوتننامەی ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ دوبارە کردەوە، ئامادەیی بۆ وتوویژ کردن لەسەر هێنانە کایەی ڕێککەوتنێکی تازە، پاش نوسینی دەستوری عیراق و پێش کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، دەربڕی و جارێکی تر پێی لەسەر سیستمی پەرلەمانی داگرت و هەڵوێستەکانی پێشوی خۆی لەمەڕ شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی دوبارە کردەوە، بەڵام پەراوێزێکی بۆ ئەوە هێشتەوە کە ئەگەر سەرۆکی هەرێم بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرا، دەبێ بە زۆرینەی ڕەها هەڵببژێردرێ و ئەگەر لە ناو پەرلەمانیش هەڵبژێردرا دەبێ پێویستی بە دووسێیەکی دەنگەکان بێ.

لە ٢٤ی ئایاردا پارتی هەموو پێشنیارەکانی یەکێتیی ڕەت کردەوەو سور بوو لەسەر بۆچونەکانی پێشینی خۆی کە لە کۆبونەوەکانی لەمەوبەر دەری بڕی بون.

لە ٢٥ی ئایاردا بارزانی لە نامەیەکدا بۆ تاڵەبانی، گلەیی لە ڕاو بۆچونەکانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کرد، نیگەرانیی خۆی لە دواکەوتنی ڕێککەوتن لەسەر یاسای سەرۆکایەتی دەربڕی و ئاماژە بۆ ئەوە کرد کە ئەو لە بنەڕەتدا نەیویستوە ببێ نە بە سەرۆکی هەرێم لە کوردستان و نە بە سەرۆکی کۆمار لە عیراق و وتی ئامادە نیە «لە ئەنجامی سەفقەیەك لە نێوان پارتی و یەکێتی» پۆستی سەرۆکی هەرێم وەرگرێ چونکە مەسەلەکە «دوای ئەم هێنان و بردنە چ تامی تێدا نەماوە»و لەم سەروبەندەدا داوای دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کرد. لە نامەکەدا دەردەکەوێ کە بارزانی وای لێ تێگەیشتووە کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمان «سەفقەیە»و هەڵبژاردنی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە «سەفقە» نیە، بۆیە وتویەتی «ئەگەر بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بوو باشە، ئەگەر بە سەفقە بوو، پێویست ناکات». مایەی تێڕامانە کە بارزانی لە نامەکەیدا زاراوەی «سەفقە» تەنها بۆ شێوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەکار دێنێ، لە کاتێکدا تەواوی ڕێککەوتننامەی ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤، کە پۆستە باڵاکانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و پۆستە باڵاکانی سەرۆکی کۆماری عیراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی تێدا بەسەر یەکێتی و پارتیدا دابەش کراوە، خۆی لە

خۆیدا سەفقەیە و گەورەتریشە لە سەفقەی دابەش کردنی دوو پۆستەکەی سەرۆکی کۆماری عیراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

هەر ئەو رۆژە تاڵەبانی، بە بێ ئەوەی هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی لەگەڵدا بێ، چوو بۆ پیرمام و بە دووقۆڵی لەگەڵ بارزانی کۆ بۆوەو هەموو مەرجەکانی پەسند کرد.

لە ٢٩ی ئایاردا شاندێکی پارتی سەردانی تاڵەبانیی کردو پاشکۆیەکی رێککەوتننامەکەی ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤و پرۆژە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی پێشکەش کرد. هەر ئەو رۆژە، تاڵەبانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆ بۆوەو پرۆژە یاساکەی، بەو مەرجانەی کە بارزانی داوای کرد بوو، بەسەر مەکتەبی سیاسیدا سەپاند.

پاش ئەوەی پارتی هەموو ئامانجەکانی بەدی هێنا، رێی بە بەسترانی کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستان دا. بەم پێیە، لە ٤ی حوزەیراندا خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کردو لەم سەروبەندەدا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان عەدنان موفتی بووە سەرۆکی پەرلەمان و لە لایەن پارتییەوە کەمال کەرکوکی پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی وەرگرت.

لە ٨ی حوزەیراندا پەرلەمان یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەسند کرد کە تێیدا دەسەڵاتێکی زۆر بە سەرۆکی هەرێم دراوە بە چەشنێك کە لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا ناگونجێ. لە ١٢ی حوزەیراندا پەرلەمان بارزانیی بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژارد و هەمان مانگ کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگرایەتیی عومەر فەتاح لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك هات.

## پاشکۆ

### دەقی رێککەوتننامەی سەری رەش (واژۆکراو لە ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤)

لەبەر بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیی گەلی کوردستان و بۆ سەرخستنی مەسەلە رزگاریخوازە رەواکەی و بۆ چەسپاندنی یەکبونی ریزی گەلی کوردستان تاکو رۆڵی ئیجابیی گرنگی خۆی لە عیراقی دیموکراتی فیدرال ببینێت تا مافی نەتەوەییمان لە دەستوری هەمیشەیی عیراق و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی تەعریبکراو بچەسپێت، هەروەها بۆ پتەوبونی ئاسایش و ئارامی لە کوردستان، سەرکردایەتیی هەردولا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاریان دا وزەو هێزی خۆیان بەم شێوەیە یەك بخەن:

١-لە هەڵبژاردنی سەرانسەریی پەرلەمانی عیراقدا، هەردولا بە هاوکاری و هەماهەنگیی پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستان، بە کوردو تورکمان و کلدان و ئاشورییەوە، لە یەك لیستی هاوبەشدا گشت حزب و هێزە سیاسییەکان بگرێتەوە، بە رێژەیەکی گونجاو لەسەر بنەمای تەبایی و رێککەوتن، خۆیان رێك بخەن.

٢-هەروەها لە هەڵبژاردنی کوردستانیش (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان) ئەو لایەنانە لەی ەك لیستی هاوبەشدا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن.

٣-رێککەوتن لەسەر شێوەی دابەش بونی پلەی پەرلەمانی و حکومی لە عیراق و هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بێت:

أ-پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی.

ب-یەکێك لە دوو پۆستە سیادییەکەی عیراق

(سەرۆکی کۆمار یان سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی عیراق) بۆ بەڕێز مام جەلال (تاڵەبانی).

ج-سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڤاڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت.

د-سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەڤاڵێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت.

بەم بۆنەیەوە هیواداریـن گەلی کوردستان بە کوردو تورکمان و کلدان و ئاشوری و تویژە کۆمەڵایەتییە کەلتورییەکانەوە پشتیوان و هاوکارمان بن لەپێناوی سەرخستنی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان و دەستەبەرکردنی مافەکانی لە فیدرالیزم و ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

پشت بە خوای مەزن، ئایندەی گەشی گەلەکەمان لە یەکبونی وزەو توانای هەموو لایەکمان مسۆگەر بێت.

تێبینی:

١-خاڵی (أ) و (ب) بە یەکەوە بەستراونەتەوە.

٢-ئەم ڕێککەوتنە تا هەڵبژاردنی داهاتوو و دانانی دەستوری هەمیشەیی بەردەوام دەبێ.

جەلال تاڵەبانی
سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەسعود بارزانی
سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠٠٤/١٢/١

## ڕێککەوتننامەی ستراتیجی

ڕێککەوتننامەی ستراتیجیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. ڕێککەوتننامەیەکە تاڵەبانی پێشنیاری کردووەو لە٢٧ی تەموزی ٢٠٠٧دا خۆی وەك سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مەسعود بارزانی وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆیان کردووەو هەر ئەو ڕۆژە ڕایانگەیاند.

تاڵەبانی خوازیار بوو بە یەك پاکێج کۆتایی بە هەموو ناکۆکییەکان بێنێ لەگەڵ پارتی، قۆناغێکی دورو درێژی پەیوەندیی سەقامگیر دەستەبەر بکات و لێك تێگەیشتنێکی درێژخایەن بەدی بێنێ. هەرچەند تاڵەبانی و بارزانی پێکەوە بە بەرچاوی میدیاکانەوە ڕێککەوتننامەکەیان ڕاگەیاند، بەڵام هیچ ڕونکردنەوەیان دەربارەی ناوەڕۆکەکەی نەداو دەقی ڕێککەوتنەکەشیان بڵاو نەکردەوە.

لە ٢٩ی تەموزدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە سلێمانی بەسترا، کە بابەتە سەرەکییەکەی ڕێککەوتننامە واژۆکراوەکە بوو. ڕەخنەیەکی زۆر لەوە گیرا کە کۆمیتەی سەرکردایەتی ئاگاداری ڕێککەوتننامەکە نەبوە، هیچ لە بارەی ناوەڕۆکەکەیەوە نازانێ و مەکتەبی سیاسی لەم ڕوەوە کۆمیتەی سەرکردایەتیی ئاگادار نەکردۆتەوە. مەکتەبی سیاسی بیانوی هێنایەوە کە دەرفەتێکی گونجاوی بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی نەبوە. هەر لەو کۆبونەوەیەدا کۆپیی ڕێککەوتننامەکە بەسەر ئەندامانی سەرکردایەتیدا دابەش کرا، بەڵام پاش تاوتوێ کردنی ڕێککەوتننامەکەو پەسەندکردنی، کۆپییەکان کۆ کرانەوە.

ڕێککەوتننامەکە پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر ڕێکخست و هاوپەیمانییەکی ستراتیجیی لە نێوانیاندا هێنایە ئاراوەو توانی ئاشتییەکی سەقامگیر لە هەرێمی کوردستان بێنێتە دی. بەڵام سەرکردایەتیی هەردوو حزب دودڵ بون لە ڕاگەیاندنی دەقەکانی ڕێککەوتننامەکەو بە هۆی

ئەمەوە دەقەکە زۆر درەنگ بڵاو کرایەوە.

ڕەنگە هۆی درەنگ ئاشکراکردنی دەقی ڕێککەوتننامەکە، پەیوەندیی بە دوو بابەتی هەستیاری ناو ڕێککەوتننامەکەوە هەبێ. یەکێکیان پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە هەردو حزب گەیشتبون بە سازانێکی ڕانەگەیەنراو لەسەر دامەزراندنی دەوڵەت یاخود هێنانە کایەی دۆخی نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان کارکردن بە سیستمی کۆنفیدرال بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان عیراق و کوردستان. ئەمەش لە دوو دەقی ڕێککەوتننامەکەدا دەردەکەوێ کە یەکێکیان لە دیباجەکەدا هاتووەو بە شێوەی «پتەوکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ گشت دۆستە ڕاستەقینەکانی گەلەکەمان، بەتایبەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و گۆڕینی ڕەوشی ئێستای کوردستان و حزبە سیاسییەکانی بۆ ڕەوشێکی یاسایی باشتر بۆ پێکەوە ژیانی سروشتی» گوزارشتی لێ کراوە. دیارە دەقەکە لە ڕوی واتاو مەبەستەوە زۆر ڕۆشن نییەو بە ئاڵۆزی دارێژراوە، بەڵام ئاڵۆزییەکە بە ئەنقەستە، ئەویش بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەکی لێ نەکەوێتەوە. دەقی دووەم پەیوەندیی بە ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەکەوە هەیە کە تێیدا هاتووە هەردولا پابەندی ڕێککەوتننامەکە دەبن «تا گەیشتن بە قۆناغێکی سیاسیی دیکە کە تێیدا خواست و مافە نەتەوەییەکانمان بە شێوەیەکی جیاواز، بە بەراورد لەگەڵ ئەم قۆناغەدا، دێنە دی». ئەم پەرەگرافە، بە بەراورد لەگەڵ پەرەگرافی ئاماژەپێکراوی دیباجەکە، ڕونتر گوزارشت لە خۆی دەکات. هاندەر بۆ دەستبردن بۆ ئەو مەسەلە هەستیارە، ئەوە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٦ بە دواوە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان سەرقاڵی تاوتوێ کردنی چارەنوس و ئایندەی دەوڵەتی عیراق و شەن کەو کردنی هەموو بژاردەکان بون. یەك ساڵ پێش ڕێککەوتنی ستراتیجی، جەنراڵی خانەنشینی ئەمریکایی ڕالف پیتەرز لە حوزەیرانی ٢٠٠٦ دا سیناریۆی دابەش کردنی عیراقی بۆ سێ قەوارە هێنایە بەر باس، ئەویش لە دوتوێی توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی «سنورەکانی خوێن» کە لە گۆڤاری ئارمد فۆرس ژورنال Armed force Jurnal بڵاو کرایەوە. پیتەرز لە توێژینەوەکەیدا پێشنیاری دارشتنەوەی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردبوو و لەم چوارچێوەیەدا داوای کردبوو کوردستانی بەشی عیراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ پێك بهێنرێ، ناوچە سوننە نشینەکان بخرێنە پاڵ سوریاو لە ناوچە شیعە نشینەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێك بهێنرێ. بە درێژایی ئەو ماوەیە، مەسەلەی بڕیاردان لەسەر چارەنوسی قەوارەی عیراق هەر بە گەرم و گوڕی مایەوە. مانگێك پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ستراتیجی، لە ئابی ٢٠٠٧ دا میدیاکان بڵاویان کردەوە کە ناوەندە ئەمریکییەکان بە دوای مۆدێلێکدا دەگەڕێن کە بە کەڵکی دەوڵەتی عیراق بێ و لەم سەروبەندەدا لە مۆدێلی بۆسنیا هێرزەگۆڤینیا دەکۆڵنەوەو خوازیارن ئەو مۆدێلە لە عیراق جێبەجێ بکەن. هەروەها لە ئەیلولدا ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا پڕۆژەیەکی سەبارەت بە دابەش کردنی عیراق بۆ سێ هەرێم تاوتوێ کرد. ئەو پەیامانە پێویستیان بەوە بوو کە هەماهەنگی لەسەر بەرزترین ئاست لە نێوان هەردوو حزب هەبێ، هەروەك ئەو پەیامانە هاندەر بون بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی ئەرێنی لەگەڵ پڕۆژە گونجاوەکانداو پەرەپێدانی هەماهەنگیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان.

بابەتی دووەم کە هەردوولا لەسەری هاوڕا بون بەڵام بە گونجاویان نەزانیوە لەو قۆناغەدا ئاشکرای بکەن، وەرگرتنی هەڵوێستێکی ڕون بوو بەرامبەر بە پرسی سکولاریزم. هەرچەند هەردوو حزب سکولار

بون، بەڵام تەوژمە سکولارییەکان، بە ئەندازەی پێویست، پێیانەوە دیار نەبوو. بەڵام هەردولا لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا توانیبویان پرسەکە یەکلا بکەنەوەو سیستمی سکولار بکەنە ڕێبازێکی پەسندکراو. لە دیباجەکەدا چەردەیەك ئامانج ریز کرا بون لەوانە پاراستنی مافی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی مافی ژنان و چەسپاندنی سەروەریی یاسا «بەرەو مەدەنی کردنی کۆمەڵگا» وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ گەیشتن بە «قۆناغی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت». ئەمە یەکەم جار بوو هەردوو حزب بەو روونییە ئاماژە بۆ پرسی پەسندکردن سکولاریزم بکەن.

ڕێککەوتننامەکە لە دیباجەیەك و ٢٦ ماددەو ٨ دەروازە پێکدێ. دەروازەی یەکەم بۆ پرسە سیاسی و تیۆرییەکان تەرخان کراوەو تێیدا رۆشنایی خراوەتە سەر ئەوەی کە ڕێککەوتننامەکە «پەیمانێکی سیاسی، نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستانییە» و کار بۆ «پشتگیری و بەهێزکردنی دامەزراوە دەستوری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان» دەکات.

لە دەروازەی دووەمدا هەردولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە بەیەك لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن.

لە دەروازەی سێیەمدا هەردولا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە حوکمڕانیی حکومەت هەموو هەرێم بگرێتەوەو دەبێ پێش کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتەکانی پێشمەرگەو دارایی و ناوخۆو دەزگاکانی ئاسایش یەك بخرێنەوە.

لە دەروازەی چوارەمدا هەردولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە بەپێی بەرنامەیەکی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ رەوشی عیراقدا بکەن. لە دەروازەی پێنجەمدا هەردولا لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە دەبێ ئۆفیسەکانی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات یەك بخرێن. دەروازەی شەشەم بۆ دیاری کردنی چەند میکانیزمێك بۆ چاودێری کردنی شێوەی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە تەرخان کراوە. لە دەروازەی حەوتەمدا باس لە چۆنێتیی ڕێکخستنی کاروباری ڕاگەیاندن و دەستەبەرکردنی یەك گوتاری ڕاگەیەنراو کراوەو لە دەروازی هەشتەمدا باس لە چارەسەرکردنی کێشەکانی زەوی و خانوبەرەو یەکخستنی یاساو ڕێنماییەکانی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر کراوە.

ڕێککەوتننامەکە رۆڵێکی دیاری لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و دابەش کردنی دەسەڵات لە نێوانیاندا گێڕاوە.

بەپێی ڕێککەوتننامەکە، هەردولا بە یەك لیست بەشدارییان لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا کردو لە ساڵی ٢٠٠٩دا حکومەتێکی هاوبەشیان بە سەرۆکایەتیی دکتۆر بەرهەم ساڵح پێك هێنا. هەروەها بە یەك لیست بەشدارییان لە هەڵبژاردنی سەندیکاکان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا کرد. هەر بەم پێودانگە بەشی کورد لە حکومەتی فیدراڵ و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەسەر بنەمای هاوسەنگی لە نێوانیاندا دابەش کرا. لە دەرەوەی وڵاتیش نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم بەپێی ماددەی 15 یەك خران، هەروەك کێشەکانی زەوی و خانوبەرە کە بەشێکی ئاسەواری شەڕی ناوخۆیان پێکهێناوە، چارەسەر کران و یاساو بڕیارەکانی هەردوو ئیدارەش یەکخران.

بەڵام بەشێکی ماددەکانی ڕێککەوتننامەکە هەر لە بنەڕەتدا جێبەجێ نەکران لەوانە ماددەکانی ١٨و ١٩و٢٤ کە تایبەتن بەپێکهێنانی سێ دەستە، یەکەمیان دەستەیەکی کارگێڕیی هاوبەشە کە دەبوایە لە چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیو

سەرکردایەتیی هەردولا بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە پێك بهێنرێت و لە ڕێککەوتننامەکە بە شێوەی «سەرکردایەتیی هاوبەش» ئاماژەی پێ کراوە، دووەمیان دەستەیەکی هاوبەشە کە دەبوایە لەسەر ئاستی مەڵبەندو لقەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێك بێ‌و سێیەمیشیان دەستەیەکی هاوبەشی ڕاگەیاندنە بۆ ڕێکخستنی گوتاری هاوبەشی ڕاگەیاندن.

ڕێککەوتننامەکە لە ماددەیەکی سەربەخۆدا باسی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی نەکردووە بەڵام لە ماددە ٩دا جەخت کراوەتە سەر یەکخستنی چەند وەزارەتێکی یەکنەخراو، لەوانە وەزارەتی پێشمەرگە. شتێکی بەڵگەنەویستیشە کە کرۆکی یەکخستنی وەزارەتی پێشمەرگە، خۆی لەیەکخستنی هێزی پێشمەرگەدا دەبینێتەوە. بۆیە دەشێ ئەم ماددەیە وا شرۆڤە بکرێ کە بە ناوەڕۆك یەکخستنی هێزی پێشمەرگە دەگرێتەوە. بەڵام ئەم ماددەیە، لەو بەشەی کە کاری بەسەر یەکخستنی هێزی پێشمەرگەوە هەیە، زۆر بەسستی جێبەجێ کراوە بەجۆرێك کە پاش نۆ ساڵ لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، دەبینین کەمتر لە نیوەی هێزی پێشمەرگە یەکی گرتۆتەوەو خراوەتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەوە.

هەروەها سێ ماددەی دیکەش دەرفەتی جێبەجێ کردنیان بۆ نەرەخساوە کە بریتین لەماددەکانی ١٠و ١١و ٢٠. بەپێی ماددەی ١٠ دەبوایە تاکلایەنی لە بەڕێوەبردنی هەرێم، لەزاخۆوەو تا خانەقین، کۆتایی پێ بێ بەڵام ڕێککەوتننامەکە نەیتوانی ئاسەواری دو ئیدارەیی بسڕێتەوەو لەم سۆنگەیەوە دیفاکتۆی بونی دوو ناوچەی دەسەڵات هەر درێژەی کێشا. هەروەها ئومێدی هەردولا بە پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی لەسەر ئاستی عیراق (ماددەی ١١) هیچی لێ سەوز نەبوو، جگە لەوەی کە هەوڵی شۆڕکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە بۆ خوارەوە ئاکامێکی ئومێد بەخشی لێ نەکەوتەوە و لەم بارەیەوە هەردولا کەمتەرخەمییەکی زۆریان نواند.

هەر لەم سەروبەندەشدا ماددەی ٦ کەگرنگترین ماددەکانی ڕێککەوتننامەکە پێکدێنێ‌و تایبەتە بە بەشداری کردنی هەردولا لە هەڵبژاردنەکان بەیەك لیست، لە سەرەتادا دەقاودەق جێبەجێ کراوە بەڵام دواتر پشت گوێ خراوەو هەردوو لایەنەکە پێوەی پابەند نەبون.

بەم پێیە، دەتوانرێ ماددەکانی ڕێککەوتننامەکە بەسەر چوار جۆردا دابەش بکرێن: ئەو ماددانەی کە دەقاودەق جێبەجێ کراون و هەردوولا بەتەواوی پێوەی پابەند بون، ئەو ماددانەی کە هەر لە بنەڕەتدا جێبەجێ نەکراون و بریتین لە ماددەکانی ١٠و١١و١٨و١٩و٢٠و٢٤، ئەو ماددانەی کە لە سەرەتادا دەقاودەق وەك لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتون جێبەجێ کراون بەڵام دواتر پشت گوێ خراون و هیچ لایەك پێوەی پابەند نەبووەو ئەمە زۆرتر ماددەی ٦ دەگرێتەوە، ئەو ماددانەی کە بە کەموکوڕی‌و نیوەناچڵییەوە جێبەجێ کراون و ئەمە ماددەی ٩ دەگرێتەوە.

ئەمە بەم واتایە دێ کە لەکۆی ٢٦ ماددە ١٨ ماددە بە تەواوی جێبەجێ کراون و ٨ ماددە هەر لە سەرەتاوە یان بە نیوەناچڵی یان دواتر جێبەجێ نەکراون. ڕێژەی ماددە جێبەجێنەکراوەکان ٣٠٪ی ماددەکانی ڕێککەوتننامەکە تێدەپەڕێنێ.

لە ساڵی ٢٠١٣ بەدواوە، کاتێك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەدوو لیست نەك بەیەك لیست بەشدارییان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کرد، تەمومژێك

سەبارەت بە چارەنوسی ڕێککەوتننامەی ستراتیجی هاتە ئاراوە. بە هەمان شێوە، لە ساڵی ٢٠١٤دا یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات بە دوو لیستی جیاواز بەشدارییان لە هەردوو هەڵبژاردنەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا کرد.

لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤دا مەکتەبی سیاسیی هەردولا مەسەلەی هەمواركردنەوەی ڕێککەوتننامەکەیان تاوتوێ کردو بڕیاریان دا هەر لایەك لیژنەیەك بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات و هەموارکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ستراتیجی پێك بێنیو پاشان لە کۆبونەوەیەکی تایبەتدا بڕیاری پێویست بدەن. بەڵام هەوڵەکە بەهیچ ئاکامێك نەگەیشت. ڕێککەوتننامەی ستراتیجی لە کۆتایی ٢٠١٣وە تاکو ٢٠١٥ بە هەڵپەسێردراوی مایەوە بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ بڕیارێك سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی نەدراو هیچ کام لە دوو لایەنەکە لە هیچ لێدوانێکدا شتێکی وایان دەرنەبڕی کە ئاماژەیەکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی یان هەڵپەساردنی یان واز لێ هێنانی تێدا بێ، جگە لەوەی کە هیچ کامێکیان بە شێوەیەکی فەرمیو رون و راشکاوانە ئارەزوی ئەوەی نیشان نەداوە کە بە نیازە یان بیر لەوە دەکاتەوە کە لە ڕێککەوتننامەکە بکشێتەوە.

هەرچەند چارەنوسی ڕێککەوتننامەکە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، بەڵام بەهێزترین و رونترین ئاماژە بۆ کۆتایی هاتنی ڕێککەوتننامەکە، لەو دیکۆمێنتەدا دەبینرێ کە شاندی دانوستانکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبونەوەی لەگەڵ نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر لە٢٥ی کانونی یەکەمی ٢٠١٥دا پێشکەش بە پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە. لەو دیکۆمێنتەدا کە لە ژێر ناونیشانی نەخشە ڕێگای پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یان بنچینەکانی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغی نوێدا پێشکەش کراوە، چەند ئاماژەیەکی گرنگو رون بۆ کۆتایی هاتنی ڕێککەوتننامەکە هەیە، دیارترینیان ئەو سێکتەرەیە کە لە ژێر ناونیشانی «پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دوای قۆناغی هاوپەیمانیی ستراتیجیی نێوانمان» داڕێژراوەو تێیدا هاتووە کە «هاوپەیمانیی ستراتیجی گەیشتە کۆتایی قۆناغ». دیکۆمێنتەکە ئاماژەی بە پەرەسەندنی جیاوازییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان داوەو هۆکانی بەمجۆرە دیاری کراوە کە «قوڵبونی کێشە ناوخۆییەکانی هێزە کوردستانییەکان بەگشتیو نێوان یەکێتیو پارتی بەتایبەتی، هاوکاتی بەدی نەهێنانی گۆڕانکاریی بنچینەیی لە سیستمی حوکمڕانی، ژێرخانی ئابوری، فرەبونی گەندەڵی، داشکانی نرخی نەوت، قەیرانی ئابوریی هێنایە ئاراوەو تێکڕا واشیان کرد جیاوازیی نێوانمان پەرە بسەنن. سەرەنجام، گەیشتینە لێکترازان لە ناو پەرلەمان و دورکەوتنەوەش لە هەڵوێستی هاوبەش لەسەر هەموو ئاستەکان».

دیکۆمێنتەکە بۆ گێڕانەوەی متمانە، چەند پێشنیارێکی پێشکەش کردووەو لەوانە گۆڕینی سیستمی حوکمڕانیو بە دامەزراوەکردنی کردنی سەرۆکایەتیی هەرێم، ڕێکخستنەوەی پەیکەری وەزارەتی داد بە مەبەستی چەسپاندنی سەربەخۆیی دادگاکان، دابەش کردنەوەی لێپرسراوەتییەکان و هەنگاونان بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو دامەزراوەی ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ.

پاش واژۆكردنی ڕێككەوتنی سیاسیی نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان لە ١٧ی ئایاری ٢٠١٦، ڕێككەوتننامەی ستراتیجی كارایی خۆی لەدەستداو گەرم و گوڕیی جارانی نەما بەڵام، تەنانەت لەو ماوەیەش، هەردولا ناوبەناو كە ناوی ڕێككەوتننامەكە دەهات، جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە كە ڕێككەوتننامەكە ماوەو بە شێوەیەكی فەرمی هەڵنەوەشێنراوەتەوە.

لە سەرەتایساڵی ٢٠١٧دا باس و خواسی ڕێككەوتننامەكە هاتەوە مەیدان. لە ١٠ی كانونی دووەمدا نوری حەمە عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتیی پارتی دیموكراتی كوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی حزبەكەی ڕاگەیاند كە «ڕێككەوتننامەی ستراتیجیی نێوان پارتی و یەكێتی گرنگیی خۆی هەیەو توانیویەتی كۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بێنێت و هەرێمی كوردستان ئاوەدان بكاتەوە». هەروەها جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە دەبێ ڕێككەوتننامەكە «بەردەوامیی هەبێت» و وای نیشاندا كە حزبەكەی وا دەڕوانێتە ڕێككەوتننامەكە كە «ماوەو بەسەر نەچووە».

لە ١٥ی كانونی یەكەمدا دوانزە ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كە ئەمانەن: ڕەهبەر سەید برایم، بڵێسە جەبار فەرمان، سیروان كوێخا نەجم، سامان گەرمیانی، فەرید ئەسەسەرد، لەتیف شێخ عومەر مستەفا، خالید شوانی، ڕەسول عومەر لەتیف، هەڵۆ مەحمود مارف پێنجوێنی، ئاڵا تاڵەبانی، پەروین كاكە حەمە و دكتۆر جوان ئیحسان بۆ یەكلاكردنەوەی بابەتی مان و نەمانی ڕێككەوتننامەكە، لە یاداشتێكدا كە ئاراستەی مەكتەبی سیاسییان كرد، پێشنیاری لیژنەیەكیان بۆ تاوتوێ كردنی چارەنوسی تەماویی ڕێككەوتننامەی ستراتیجی كرد. بەڵام مەكتەبی سیاسی وەڵامی یاداشتەكەی نەدایەوە.

لەو ماوەیەدا هەردولای پەیوەندیدار تاوتوێی چارەنوسی ڕێككەوتننامەی ستراتیجییان كرد و هەندێ بیروڕا سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێككەوتننامەكە یان هەمواركردنەوەی یان هێنانە ئارای ڕێككەوتننامەیەكی تر هاتە بەر باس. بەڵام دیالۆگەكە بە هیچ تێڕوانینێكی سەقامگیر نەگەیشت. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ بە دواوە، هەردولا بە كردەوە وەك ڕێككەوتننامەیەكی نەبوو مامەڵەیان لەگەڵ ڕێككەوتننامەكەدا كرد، بەڵام هیچ كامیان بەشێوەیەكی فەرمی هیچ پێشنیارێكی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێشكەش نەكرد، هەروەك هیچ كامێكیشیان هەنگاوی بۆ هێنانە ئارای ڕێككەوتننامەیەكی ستراتیجیی تازە هەڵنەهێنا.

## پاشكۆ

### دەقی ڕێككەوتننامەی ستراتیجیی نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان

لەبەر هەستیاریی بارودۆخی نەتەوەیی و نیشتمانیمان و هەبونی كۆمەڵێك ئەركی هاوبەش لەم قۆناغەداو بە حوكمی باوەڕی زۆرینەی خەڵكی كوردستان بە هەردوو لامان و مێژوو و خەبات و قوربانیی چەندین ساڵە لەپێناوی ئامانجە ڕەواكاندا، قورسایی زێدەتر دەكەوێتە ئەستۆی هەردولامان، بەتایبەتی بە هەڵپەسێردراوی مانەوەی چەند كێشەیەكی گرنگی نەتەوەیی و نیشتمانی، لەسەروی هەموویانەوە كێشەی كەركوك و ناوچە دابڕاوەكانی دیكەی هەرێمی كوردستان. لە بەرامبەر پرۆسەی سیاسیی عیراق و هەڵوێستی ناوچەیی، یەكریزیو ڕێكخستنی نێوماڵی كورد

سەنگی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیدا بە سودی گەلەکەمان گرانتر دەکات.

هەروەها بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێم و پەرەپێدانی هزری نەتەوەیی لەسەر چەند بنەمایەکی دیموکراتییانەی دور لە توندوتیژیو دابین کردنی ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ و مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەو ئاینزاکانی کوردستان و پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و منداڵو بەدی هێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو بەرهەڵستکاریی تیرۆرو چەسپاندنی سەروەریی یاسا، بەرەو بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا بەجۆرێك کە تێیدا هەموو دامو دەزگاکانی هەرێم بە شێوەی دامەزراوەیی بەڕێوە بچن، روەو قۆناغی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و بازاڕی ئازادو پتەوکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ گشت دۆستە راستەقینەکانی گەلەکەمان، بەتایبەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیو گۆڕینی رەوشی ئێستای کوردستان و حزبە سیاسییەکانی بۆ رەوشێکی یاسایی باشتر بۆ پێکەوەژیانی سروشتی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم رێککەوتننامەیە رادەگەیەنن:

## دەروازەی یەکەم
## لایەنی سیاسی و تیۆریکی

### ماددەی ١:

ئەم رێککەوتننامەیە لەسەر بنەمای پەیمانێکی سیاسی، نیشتمانیو نەتەوەیی کوردستانییە کە تێیدا گوتاری سیاسیی کورد لەسەر ئاستی بەرژەوەندیی باڵا رەنگ دەداتەوە، ئەویش بەدیاریکردنی ئەرکەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەییمان و پشتگیریو بەهێزکردنی دامەزراوە دەستوریو یاساییەکانی هەرێمی کوردستان.

### ماددەی ٢:

پابەندبونی هەردولا بەم رێککەوتننامەیە، لەم قۆناغەدا هەموو ئاستە سیاسیو کارگێڕیو کۆمەڵایەتی بەهەموو ناوەندو ئۆرگان و رەگەزەکانەوە دەگرێتەوە، تا گەیشتن بە قۆناغێکی سیاسیی دیکە کە تێیدا خواست و مافە نەتەوەییەکانمان، بە شێوەیەکی جیاواز بە بەراورد لەگەڵ ئەم قۆناغەدا، دێنە دی.

### ماددەی ٣:

هەردوولا بە بیانوی رەوتی بیری سیاسی نابێ ئەم رێککەوتننامەیە بەلاوە بنێن، بەڵکو دەبێ پێوەی پابەند بن و دەبێ لە هەموو کۆنفرەنس و کۆنگرەکاندا رەچاوی ئەم پرۆسەیە بکەن.

### ماددەی ٤:

پتەوکردنی هاوکاریو هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا.

## دەروازەی دووەم
## لایەنی پەرلەمانی

### ماددەی ٥:

رێکخستنی فراکسیۆنی هەردولا بۆ ئاسان کردنی دروستبونی یەکدەنگی لەسەر یاساو پرۆژەکان و دەنگدان لەسەریان، هەروەها بۆ باشتر چاودێری کردنی حکومەت.

### ماددەی ٦:

هەڵبژاردنی پەرلەمان بە یەك لیست دەبێو ئەمە هەڵبژاردنی هەموو ئەنجومەن و سەندیکاو کۆمەڵەو رێکخراوەکان و ئۆلۆمپی بەپێی سازان و هاوسەنگی دەگرێتەوە.

## دەروازەی سێیەم
## لەڕوی حکومەتەوە

**ماددەی٧:**

ژمارەی وەزارەتەکانی کەم بکرێتەوە، بەپێی پێویست تەرشیقی حکومەت بکرێت لەسەرەوە بۆ خوارەوەو چاو بەبودجەی حکومەتدا بخشێنرێتەوە بە جۆرێك کە بەشە هەرە زۆرەکەی بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیو فێرکاریو تەندروستیو خزمەتگوزاری بێت.

**ماددەی ٨:**

حوکمڕانیی حکومەت هەموو هەرێم دەگرێتەوە نەك حکومەت مۆڵەت لەپارتیو یەکێتی وەربگرێ بۆ بەدواداچونی حوکمڕانیی خۆیو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆیو دەستکاری کردنی دامەزراوەکان و هەموو بابەتە پەیوەندارەکان.

**ماددەی ٩:**

یەکخستنی وەزارەتەکانی پێشمەرگەو داراییو ناوخۆو دەزگاکانی ئاسایش پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ئەوەی یەك حکومەتی مانای خۆی بە تەواوی بدا.

**ماددەی ١٠:**

شکاندنی دیواری تاکلایەنی لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا لە خانەقینەوە تا زاخۆ لە ڕێگەی سازان و هاوسەنگیو پێڕۆکردنی پرنسیپی لێهاتوییەوە.

## دەروازەی چوارەم

**ماددەی ١١:**

هاوکاریو هەماهەنگیی تەواو لەسەر ئاستی عیراق لە پێناوی چەسپاندنی حوکمی فیدرالی دیموکرات و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی لەسەر ئاستی عیراق و دابین کردنی بەشداریی راستەقینە لە بەڕێوەبردنی حوکم و هەڵسوڕاندنی کاروباری سیاسیو ئابوریو نەوت و سوپاییو پەیوەندییە عەرەبیو ناوچەییو جیهانییەکان.

**ماددەی ١٢:**

بەرپەرچدانەوەی تیرۆرو گێرەشێوێنیو هەڵگەڕانەوە لەحوکمی یاسا بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتیو سەقامگیریو سەروەریی دەستورو یاسا.

**ماددەی ١٣:**

دانانی کاندیدی ژیرو کاراو بەتواناو زمانزان بۆ پەرلەمانی عیراق لە لیستی هاوبەشدا.

**ماددەی ١٤:**

هەڵبژاردنی وەزیرەکان و کارمەندانی دیکەی کوردستان لەکابینەی بەغدا بە ڕەچاوکردنی تواناو هاوسەنگیو لێوەشاوەیی.

## دەروازەی پێنجەم
## لەڕوی پەیوەندیی دەرەوە و دیبلۆماسییەوە

**ماددەی ١٥:**

یەکخستنی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەو دەستنیشان کردنی کادیری لێهاتوو لەم بوارەدا.

**ماددەی ١٦:**

یەکهەڵوێستی لە کاری پەیوەندییەکانی دەرەوە لەسەر ئاستی عیراق و وڵاتەکانی ناوچەکەو جیهان.

**ماددەی ١٧:**

یەکهەڵوێستی لە هەمبەر پەیوەندییە کوردستانییەکان لە ناوەوەو دەرەوە.

## دەروازەی شەشەم
## میکانیزمو چاودێری

**ماددەی ١٨:**

دامەزراندنی دەستەیەکی کارگێڕی هاوبەش لە چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیی هەردولا بۆ سەرپەرشتی کردنی چۆنێتیی جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتننامەیە.

**ماددەی ١٩:**

هەمان دەستە لەسەر ئاستی لق و مەڵبەندەکان دابمەزرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دێنە پێش.

**ماددەی ٢٠:**

سەرکردایەتیی هاوبەش و دەستە هاوبەشەکان ئەرکیانە ناوەڕۆکی ئەم رێککەوتننامەیە بۆ ناو رێکخستنەکانی هەردولا شۆڕ بکەنەوە خوارێ، ئەویش بە بەستنی کۆڕو سیمینار لە هەموو دەڤەرەکاندا بە ئامادەبونی نوێنەرانی سەرکردایەتیی هاوبەش.

**ماددەی ٢١:**

هەردولاو هەموو پێکهاتەکان نابێ خۆیان بەئەلتەرناتیڤی حکومەت و دامەزراوەکان دابنێن بەڵکو دەبێ هەموو پشتگیرییەك بۆ حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێم دابین بکەن.

**ماددەی ٢٢:**

سزادانی هەر کادیرێکی هەر لایەنێك دژی ئەم رێککەوتننامەیە بێ.

## دەروازەی حەوتەم
## لەڕوی راگەیاندنەوە

**ماددەی ٢٣:**

لەسەر ئاستی هەرێم، پابەندبون بە ئاکاری رۆژنامەگەریو راگەیاندن بە ماڵپەرەکانیشەوە، لەسەر بنەمای یاساو رێکخستنەوەی یاسای کاری راگەیاندن لە هەرێم و پەلەکردن لە ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەك بۆ ئەم مەبەستە.

**ماددەی ٢٤:**

لەسەر ئاستی راگەیاندنی هەردوو حزب:

١-دامەزراندنی دەستەیەکی هاوبەشی راگەیاندن بۆ ئامادەکردنی گوتاری یەکگرتوی راگەیاندن.

٢-رەنگدانەوەی ئەم گوتارە یەکگرتووە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامەو گۆڤارەکان.

٣-رێگە نەدان بە هەر بیرۆکەیەك یان زاراوەیەك لە راگەیاندنی هەردولا کە هاندەر بێ بۆ دژایەتی کردنی حکومەتی هەرێم و هەردولا.

## دەروازەی هەشتەم
## لەڕوی نەهێشتنی کێشەی ئاسەوارەکانی قۆناغی رابردووەوە

**ماددەی ٢٥:**

چارەسەرکردنی کێشەی خانوبەرەو زەویو زاری خەڵك کە بە بڕیاری هەردولا زەوت کراون یان دابەش کراون.

## ماددەی ٢٦:

یەکخستنەوەی یاساو ڕێنماییەکانی هەردوو ئیدارەی پێشوو بە تەواوی‌و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی قۆناغی لەتبون.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەم ڕێککەوتننامەیە کاریگەریی ئەرێنیی هەبێ بۆ نەهێشتنی باری گرژی‌و زاڵبونی گیانی یەکڕیزی‌و تەبایی‌و چەسپاندنی باری ئاسایش و بەرەنگاربونەوەی تیرۆر، هەروەها هێنانە کایەی هەماهەنگی‌و پێکەوە کارکردن لەجیاتی ئەو ململانێیەی بەدەستییەوە دەماننالاندو ڕێگرتن لە هەلپەرستان و سەنگەرگۆڕە بودەڵەکان. هەروەها ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێتە مایەی ڕێگرتن لە پرنسیپی نیوە بەنیوەو نابێتە هۆی بەرتەسك بونەوەی ئازادیی سیاسی‌و دیموکراتی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، وەك لە (پرۆژەی) دەستوری کوردستاندا هاتووە.

هیوادارین ئەم یەکڕیزی‌و یەکهەڵوێستییە ببێتە مایەی ئەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵی مەدەنی‌و ڕێکخراوو دامەزراوە دیموکراتییەکان پتر بەگەڕ بخرێن‌و پشتگیری بکرێن و نابێ ئەم ڕێککەوتنە ببێتە مایەی بەهێزبونی ئۆپۆزیسیۆنی نەرێنی لە کوردستاندا یان لە سایەیدا گەندەڵیی سیاسی‌و کارگێڕی حەشار بدرێ، بەڵکو پێویستە نەخشەیەکی ژیرانەی بۆ دابنرێت بۆ لە ڕەگ‌و ریشە هەڵکەندنی گەندەڵیی سیاسی‌و کارگێڕی، هەروەها هەوڵدان بۆ ناساندنی جینۆسایدی دژ بەگەلی کورد بەدنیا.

بۆیە، ئەم ڕێککەوتنە لە ڕوانگەی دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان و بەدەست هێنانی متمانەی پتری جەماوەر بە پێویست دەزانین.

### تێبینی:

١-ئەم دەقە پشت ئەستورە بەو دەقەی کە ساڵی ٢٠١٠ لە یەك کاتدا لە هەردوو ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» و «خەبات» بڵاوکراوەتەوە. بە هۆی ئەوەی کە داڕشتنی ڕستەکان تۆکمە نیە، هەڵە زمانەوانییەکان لەم دەقەدا چاککراونەتەوە.

٢-لە دەقی بنەڕەتیدا ڕێککەوتننامەکە بەسەر دەروازەو ماددەدا دابەش نەکراوە، بەڵکو بەپێی ریزبەندییەکی ئاسایی ڕێك خراوە.

## ڕێککەوتننامەی هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق

ڕێککەوتننامەی ئاشتبونەوەو هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە لە شوباتی ١٩٨٧ لە گوندی ڕاژانی ناوچەی مەرگەوەڕی کوردستانی ئێران لە نێوان هەردولا واژۆ کراوەو بە هۆیەوە کۆتایی بە کێشەکانی نێوانیان هێنراوە.

پاش واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە نیسانی ١٩٨٦، سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان هەوڵێکی کارای بۆ لێك نزیك کردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی بەرەی جود داو لە کەناڵی حزبی سۆسیالیستەوە ئاڵوگۆڕی نامەو پەیامی سەرزارەکیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی بەرەی جود بەڕێوە چوو. حزبی سۆسیالیست لە هەوڵەکانیدا لەگەڵ پاسۆك و پارتی کۆمۆنیستی عیراق بۆ پەسندکردنی پرنسیپی دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتوو نەبوو.

پاش ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و

پاسۆك، كۆششی دیپلۆماتكاریی حزبی سۆسیالیستی كوردستان سەركەوتوو بوو لە تواندنەوەی بەستەڵەكی نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی كۆمۆنیستی عیراق و بەم هۆیە ڕێ بۆ گەیشتنی هەردوكیان بە ئاشتبونەوەو سازان خۆش كرا. حزبی سۆسیالیستی كوردستان و لە ناو حزبی سۆسیالیستدا هەر یەك لە ڕەسول مامەند و محەمەد ڕەحیم ناسراو بە خاڵە حاجی، ڕۆڵێكی بەرچاویان لەم مەسەلەیەدا هەبوو. لە نیسانی ١٩٨٦دا مەكتەبی سیاسیی پارتی كۆمۆنیستی عیراق ئەحمەد بانیخێڵانیی ڕاسپارد پەیوەندی لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دابمەزرێنێ و ئامادەیی حزب بۆ ئاشتبونەوە ئاشكرا بكات. لێرە بە دواوە جموجوڵێكی دیپلۆماتكارانەی چڕ بۆ سازكردنی دیدارێك لە نێوان هەردولا هاتە ئاراوە.

لە ئایاری ١٩٨٦دا ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی پارتی كۆمۆنیستی عیراق ئەحمەد بانیخێڵانی بە نوێنەرایەتیی حزبەكەی، بە یاوەریی نەورۆز شاوەیس و یارمەتیی حزبی سۆسیالیست، گەیشتە گوندی بێتوش. لەوێوە لە سنوری عیراق- ئێران پەڕییەوەو بە دۆڵی سەفرەو زەروندا لە ناوچەی ماوەت، گەیشتە دۆڵی جافەتی بۆ دانوستان لەسەر ڕێكخستنەوەی پەیوەندییەكانی هەردولا لە چوارچێوەی پەیمانی ئاشتیدا. لە دۆڵی جافەتیدا بانیخێڵانی چاوی بە ژمارەیەك ئەندامی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كەوت و مەسەلەی پەیمانی ئاشتیی هێنایە ئاراوە. لە سەرەتادا لە گوندی مالومە چاوی بە نازم عومەرو جەمال حەكیم ئاغا كەوت و دواتر لە گوندی یاخسەمەر سەردانی تاڵەبانیی كرد لە بارەگاكەی خۆی و دواتریش لە بەرگەڵوو هەر یەك لە نەوشیروان مستەفاو دكتۆر فوئاد مەعسومی بینی. لەوێشەوە سەردانی مەرگەی كردو چاوی بە عومەر عەبدوڵڵاو مستەفا چاوڕەش كەوت.

وتوویژی فەرمیی نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی كۆمۆنیستی عیراق لە بەرگەڵوو ئەنجام درا. لە وتوویژەكەدا نەوشیروان مستەفاو دكتۆر فوئاد مەعسوم ڕاسپێردران نوێنەرایەتیی یەكێتیی نیشتمانی بكەن. لە بەرگەڵوو دانوستانێكی سەخت لە نێوان هەردولا دەستی پێ كرد. تارمایی و ئاسەواری ڕوداوەكانی ساڵی ١٩٨٣ی پشتاشان باڵیان بەسەر دانوستانەكەدا كێشا بوو. بانیخێڵانی، وەك نوێنەری پارتی كۆمۆنیست، وای دەبینی كە هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە پشتاشان زێدەڕۆییان لە بەكارهێنانی زەبروزەنگ و توندوتیژیدا كردووەو دەستیان لە هیچ شتێك نەگێڕاوەتەوە. مەسەلەی پشتاشان هەستیارییەكی زۆری لە لای پارتی كۆمۆنیست بەرامبەر بە یەكێتیی نیشتمانی دروست كردبوو، بۆیە وتوویژەكە هەر لە دەستپێكەوە ڕاشكاوانەو پڕ گرێ و گۆڵ بوو. هەرچەند بانیخێڵانی لە ڕوداوەكانی پشتاشان بە دیل گیرا بوو، بەڵام لە دانوستانەكەدا ئەوەندەی لە توانایدا بوو هەوڵیدا خۆی لە فشاری ڕوداوەكانی ڕابردوو ڕاپسكێنێ و بنەمایەك بۆ پەیوەندییەكی سەقامگیر لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دابمەزرێنێ. سەربار، بانیخێڵانی دەیویست فریای بنكەكانی پێنجوێنی پارتی كۆمۆنیست بكەوێ كە كەوتبونە نێوان هێزەكانی عیراق و هێزەكانی ئێران و لە دۆخێكی دژواردا بون. ئاشتبونەوە لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، ئەو هێزە گیرخواردووانەی لەو تەنگانەیە دەر دەهێنا و ڕێی پێ دەدان بچن بۆ قەرەداغ و گەرمیان. ئەمەش فاكتەرێكی فشار بوو بۆ ئاشتبونەوە. لە كۆتاییدا هەردولا ڕێیان بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتنێكی گونجاو بۆ كۆتایی هێنان بە دوبەرەكی و كێشە بێهودەكان خۆش كرد.

یەكەم هەواڵی سەرپێیی دەربارەی گەیشتنی

هەردولا بە ڕێککەوتن، لە ڕۆژنامەی «ڕزگاری»ی ئۆرگانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بڵاو کراوەتەوە. لە هەواڵێکی ژمارە ٩-١٠ی ئەو ڕۆژنامەیەدا لە سوچێکی لاپەڕەی یەکەمدا هاتووە کە ڕۆژنامەکە لە «سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە» زانیویەتی کە نوێنەرانی هەردولا «ڕێککەوتنێکیان دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا ئیمزا کردووە».

لە دیکۆمێنتی ئاشتبونەوەکەدا هەردولا لەسەر کۆتایی هێنان بە دۆخی شەڕ ڕێك کەوتن و دەرفەت بە گەڕانەوەی هێزەکانی پارتی کۆمۆنیست بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانی درا.

بانیخێڵانی لە بەرگەڵووەوە دەقی ڕێککەوتنەکەی بە بێسیم بۆ بارەگای سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیست نارد بۆ ئەوەی لەوێوە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی بنێردرێ. ئێزگەی «دەنگی گەلی کوردستان» هەواڵی گەیشتن بە ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق بڵاوکردەوە بەڵام هیچی دەربارەی وردەکارییەکانی ڕێککەوتنەکە ڕانەگەیاند.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێککەوتنی نوێنەرانی هەردولا لەسەر کۆتایی هێنان بە کێشەکانی نێوانیان، هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕی چونکە ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست لەسەر ڕێککەوتنەکە یەکدەنگ نەبوون. لە ناو سەرکردایەتیدا ڕەوتێکی توندڕەوی دژ بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، پێی وابوو ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی بە مانای هەڵوەشانەوەی بەرەی جود دێت، هەروەك نەشیدەویست بەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ هەنگاوێك بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بنێ. لەم سەروبەندەدا سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست بەو بیانووەی کە ئەحمەد بانیخێڵانی ڕانەسپێردراوە هیچ ڕێککەوتنێك بە ناوی پارتی کۆمۆنیستەوە واژۆ بکات، دانی بە ڕێککەوتنەکەدا نەنا. لە ئەنجامدا ڕێککەوتنەکە پەکی کەوت. ئێزگەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە پڕۆگرامەکانیدا بە شێوەیەکی فەرمی ڕێککەوتنەکەی ڕەت کردەوەو دەستی بە هێرش کردنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردەوە.

لەم سەروبەندەدا دکتۆر فوئاد مەعسوم لە نامەیەکدا بۆ بانیخێڵانی نوسیبوی کە هێرشی ئێزگەی «دەنگی گەلی عیراق»ی پارتی کۆمۆنیست بۆ سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نیشانەی ئەوەیە کە مەکتەبی سیاسیی حزب دژی ڕێککەوتنەکەیەو هێشتا بە ئەندازەی پێویست ئامادەی ئاشتبونەوە نیە، بەڵام بە ڕێزەوە هەوڵەکانی بانیخێڵانیی بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەردولا نرخاند.

بانیخێڵانی لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی کە «هەندێ لە هاوڕێیانمان لە مەکتەبی سیاسی، ئەوسا تێڕوانینی تریان دەربارەی مەسەلەی ئاشتبونەوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو. دەتوانم بڵێم ئەم تێڕوانینانە لەگەڵ سیاسەتی گشتیی حزب یەکیان نەدەگرتەوە».

پاش ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و واژۆکردنی ڕێککەوتنی هاوکاری لە نێوانیان لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦ لە تارانی پایتەختی ئێران، مەسعود بارزانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراقی هاندا کۆتایی بە کێشەکانیان بێنن و لەم سەروبەندەدا پێشنیاری کرد هەردولا لە گوندی ڕاژانی ناوچەی مەرگەوەڕ کە بارەگاکانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ بوو، کۆ ببنەوەو ڕێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ یەکتریدا واژۆ بکەن.

لە کانونی دووەمی ١٩٨٧دا شاندی هەردولا بۆ چارەسەرکردنی پەیوەندییە گرژەکانیان لە ڕاژان کۆ

بونەوە. شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە فەرەیدون عەبدولقادرو جەبار فەرمان پێکهاتبوو، لە کاتێکدا شاندی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە ئەحمەد بانیخێڵانی و عەبدولڕەزاق سافی پێکهاتبوو. لە شوباتی ١٩٨٧دا دانوستانەکە ڕێککەوتنێکی ئاشتیی لێ کەوتەوە کە هەردولا تێیدا هاوڕا بون لەسەر «روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری فاشیست و هێنانە کایەی ئەو ئەلتەرناتیڤە نیشتمانییە دیموکراتەی کە دیموکراسی بۆ عیراق و مافە نەتەوەییە رەواکان بۆ گەلی کورد دابین دەکات و ئەرکی خۆی لە چوارچێوەی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانیی عەرەبدا لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی جێبەجێ دەکات». هەروەها هەردولا لە ڕێککەوتنەکەدا جەختیان کردەوە سەر گرنگی و پێویستیی وەرگرتنی «پەندی گونجاو» لە ئەزمونی پەیوەندییەکانیان لە سالانی رابردوو. دیارە لە کاتی دانوستاندا رای جیاواز دەربارەی هۆکانی تێکچونی پەیوەندییەکانیان و هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوانیاندا هەبوو، هەروەك تێڕوانینی تەواو جیاواز سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئایاری ١٩٨٣ی پشتاشان لە نێوان هەردولادا هەبوو. نەگەیشتنی هەردولا بە هەڵسەنگاندنێکی هاوبەش دەربارەی ئەو روداوانە، وای لە هەردوو لایەنەکە کرد فشاری زۆرتر لە یەکتر نەکەن و دان بەوەدا بنێن کە بەدی هێنانی سازان لەسەر ئەم مەسەلەیە کارێکی دژوارە. ئەمەش لە دەقی ڕێککەوتنەکەدا دەردەکەوێ کە تێیدا هەردولا یەکتریان سەرپشك کردووە لە چۆنێتیی هەڵسەنگاندنی روداوەکانی ساڵی ١٩٨٣، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ڕێککەوتنەکە بە راشکاوی ناوی پشتاشان ناهێنێ.

ڕێککەوتننامەکە لە ١٤ مادده پێکدێ. لە ماددەی یەکەمدا هەردولا ئازادیی چالاکیی سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەییان بۆ یەکتری سەلماندووە. لە ماددەی دووەمدا هەردولا لەسەر ئەوە رێك کەوتون کە نابێ هیچ لایەنێکیان بچێتە ناو هیچ ڕێککەوتنێکەوە لە دژی لایەنەکەی تر. لە ماددەی سێیەم و چوارەمدا ڕێککەوتنەکە جەختی کردۆتە سەر بیروڕا گۆڕینەوە بۆ تاوتوێ کردنی پێشهاتەکان و پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان کە لانی کەم دوو جار لە ساڵێکدا کۆ ببێتەوە. لە ماددەی پێنجەمدا هەردولا بەکارهێنانی توندوتیژییان لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا رەت کردۆتەوە. لە ماددەکانی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمدا هەردولا مافی رەخنەگرتنیان بۆ یەکتری سەلماندووەو بڕیاری یارمەتیدانی یەکتریشیان لە بواری راگەیاندندا داوە. ماددەکانی نۆیەم و دەیەم و یانزەهەم بۆ هەماهەنگیی سیاسی و عەسکەری تەرخان کراون. لە ماددەی دوانزەهەمدا هەردولا لەسەر مەسەلەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردن و گومرگەکان رێك کەوتون. ماددەی سیانزەهەم هەردولای پابەند کردووە بە کارکردن بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد لە ناوەندە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا. لە ماددەی چواردەهەمیش پانتایی ڕێککەوتننامەکە بەم چەشنە دیاری کراوە کە هەم ناوخۆی وڵات دەگرێتەوە هەم دەرەوە.

بەڵام پاش نزیکەی دوو مانگ قەیرانێکی سەخت لە پەیوەندییەکانی هەردولا سەری هەڵدایەوەو گەیشتە رادەی هەڵپەساردنی ڕێککەوتنە واژۆکراوەکە.

لە نیسانی ١٩٨٧دا وتارێکی رۆژنامەی «غەدی دیموکراتی» کە بە میدیای سێبەری پارتی کۆمۆنیستی عیراق دادەنراو لە سوریا دەردەچوو، وتارێکی پڕ ناوزڕاندن و هێرش و جنێوی لەسەر نەوشیروان مستەفاو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاو کردەوەو سەرزەنشتی لێدوانەکانی نەوشیروان

مستەفای کرد کە لە رۆژنامەی «لومۆند» بڵاو کرابونەوەو تێیدا باسی ئەگەری دابەشبونی عیراقی بۆ سێ دەوڵەت کردبوو و پشتگیریشی کردبوو. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاوەڕێی ئەوەی دەکرد پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەسپێشخەری بکاو بڵاوکردنەوەی وتارە پڕ جنێوەکە سەرزەنشت بکا، بەڵام وای نەکرد، بۆیە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ١٩ی حوزەیراندا لە یاداشتێکدا کە بۆ پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانی ناردبوو، بڕیاری هەڵپەساردنی رێککەوتنەکەی دا تا ئەو کاتەی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست «سەرزەنشتی» وتارەکەی رۆژنامەی «غەدی دیموکراتی» دەکاو تا «رێز لە پابەندبونی خۆی بە کاری نیشتمانی و هاوپەیمانییە نیشتمانییەکان دەگرێ».

قەیرانەکە تا کۆتایی تەموز درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا بە هەوڵ و کۆششی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان. قەیرانەکە خاوبونەوەی بە خۆیەوە بینی و لە کۆتاییدا کۆبونەوەیەك لە نێوان هەردولا بە ئامادەبونی ناوبژیوانانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان ساز کرا، تێیدا هەردولا گەیشتن بە سازان و لە راگەیەندراوێکی هاوبەشی کورتدا کە لە ٢٩ی تەموزدا دەرچووە «ئاسایی بونەوەی» پەیوەندییەکانی نێوانیان راگەیاندو پابەندبونی خۆیان بە رێککەوتنەکەی شوباتی رابردوو دوپات کردەوە.

*بابەتی پەیوەندیدار:

*غەدی دیموکراتی (قەیرانی سیاسی).

*دێوانە (رێککەوتنی مەیدانی).

*پشتاشان (ئۆپەراسیۆن).

## پاشکۆ
## دەقی رێککەوتننامەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق

لە ناوەڕاستی کانونی دووەمی ١٩٨٧دا هەردوو شاندی سەرکردایەتیی پارتی کومۆنیستی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ تاوتوێ کردنی پەیوەندیی دوقۆڵیی نێوانیان و مشتوماڵ کردنی رەوش و بەسەرهاتە سیاسییەکانی وڵات و ناوچەکە کۆ بونەوەو جەختیان کردە سەر پێویستیی خولقاندنی کەشێکی سیاسیی گونجاو بۆ بەگەڕخستنی هەموو حزب و هێزە نیشتمانییەکان لەپێناوی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری فاشیست و هێنانە کایەی ئەو ئەلتەرناتیڤە نیشتمانییە دیموکراتەی کە دیموکراسی بۆ عیراق و مافە نەتەوەییە رەواکان بۆ گەلی کورد دابین دەکات و ئەرکی خۆی لە چوارچێوەی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی عەرەبدا لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی جێبەجێ دەکات.

هەردولا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە تاوتوێ کردنی ئەزمونی مێژویی بزوتنەوەی نیشتمانی، بە هەموو سەرکەوتن و شکستەکانییەوە، رۆڵی کارای یەکڕیزیی نیشتمانی و ئاسەواری خراپ و زیانبەخشی لێکترازان و دوبەرەکیی حزب و هێزە نیشتمانییەکان دەسەلمێنێ، ئەمەش ئەو ئەرکە دەخاتە ئەستۆی حزب و هێزە نیشتمانییەکان کە بەردەوام بن لەسەر کۆشش بۆ سەقامگیرکردنی چاکترین پەیوەندی لە نێوانیانداو پەی بردن بەو پیلانانەی کە ئامانجەکەیان ترازاندنی ریزەکانیانە، بۆیە دەبێ لایەنەکان بەو ئاراستەیە کار بکەن کە تێڕوانینەکانیان لێك نزیك بکەنەوەو هەموو رێوشوێنەکانی هەماهەنگی و کاری هەرەوەز لە نێوان لایەنەکاندا بۆ گەیشتن بە دامەزراندنی بەرەیەکی

نیشتمانیی گشتگیر ئەکتیڤ بکەن.

لە ڕەوتی گۆڕینەوەی بیروڕادا دەربارەی ڕەوشی سیاسیی عیراق و پەیوەندیی دوقۆڵیی هەردولا، هەر یەکێ لە دوو لایەنەکە ڕاو بۆچونی خۆی سەبارەت بە جەنگی عیراق- ئێران دەربڕی، هەروەك هەردولا تێڕوانینی خۆیان بۆ هەلومەرج و ئاڵۆزییەکانی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە ساڵانی ڕابردوو دەربڕی و ئاکامە خراپەکانی ڕەوتی ئەو پەیوەندییانەیان بەسەر کردەوە کە مایەی گەیاندنی زیان بوون بە کاروانی خەباتی نیشتمانی لە دژی ڕژێمی دکتاتۆری فاشیست و دروست کردنی تەگەرەو بەربەست لەبەردەم هەوڵی بەگەڕخستنی هەموو هێزە نیشتمانییە بەرهەڵستکارەکان بۆ وەدی هێنانی ئامانجە هاوبەشەکانیان.

لەم سەروبەندەدا هەردولا جەختیان کردە سەر گرنگی و پێویستیی وەرگرتنی پەندی گونجاو کە یارمەتیدەر دەبن بۆ دوبارە نەهاتنەوە ئارای ئەو بارودۆخانە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەر لایەنێك ئازادە لە لێکدانەوەی ئەو هۆو بارودۆخانەی کە وایان لە پەیوەندییەکانی نێوانیان کردووە بەو ئاکامە بگەن کە هەموان دەیزانن.

لە کاتێکدا کە هەردولا زۆر بە تەنگ ئەوەوەن کە پەیوەندیی نێوانیان و پەیوەندییان لەگەڵ لایەنە نیشتمانییەکانی تر پەرە پێ بدەن و بەردەوامیش بن لەسەر هەوڵی هاوبەش بۆ هێنانە کایەی بەرەیەکی سەرتاپاگیر، ئەم ڕێککەوتنەی خوارەوە ڕادەگەیەنن:

١-هەر لایەنێك ئازادیی چالاکیی سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەیی بۆ لایەنەکەی تر دەسەلمێنێ.

٢-هەردولا پابەند دەبن بە نەچونە ناو هیچ ڕێککەوتنێکەوە لە دژی لایەنەکەی تر.

٣-بیروڕا گۆڕینەوە بۆ تاوتوێ کردنی پێشهاتەکان.

٤-پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی باڵا لە نوێنەرانی هەردولا کە لانی کەم دوو جار لەساڵێکدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوانیان کۆ دەبێتەوە.

٥-سەرزەنشت کردنی توندوتیژی وەك شێوازێکی چارەسەری ناکۆکییەکان و قەدەغەکردنی بە شێوەیەکی ڕەهاو پەسندکردنی گفتوگۆی دیموکراتییانە وەك تاکە بنەما بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان و پێکهێنانی لیژنەی هاوبەش لە کاتی پێویستدا بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان و سەرپەرشتی کردنی شێوەی جێبەجێ کردنی ئەوەی کە ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێ.

٦-سەلماندنی مافی هەردولا لە ڕەخنەگرتن، چالاکیی فیکری و سیاسی و دایەلۆگی ئاشکرای بنیاتنەر، بە ڕەچاوکردنی جەخت کردنە سەر فاکتەرە هاوبەش و هاوشێوەکان.

٧-ئاڵوگۆڕی کۆمەکی تەکنیکی بۆ پەرەپێدانی کاری میدیایی.

٨-بەشداریی هەر لایەنێك لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی لایەنەکەی تردا.

٩-سەلماندنی ئازادیی چالاکیی پێشمەرگانە لە هەموو ناوچەکاندا لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری فاشیست بەپێی ئەو ڕێسایانەی کە هەردولا لەسەری ڕێکدەکەون و بۆ دەستەبەرکردنی هەماهەنگی و ئەکتیڤ کردنی کاری هاوبەش لەم بوارەدا.

١٠-هاوکاریی عەسکەریی نێوان هەردولا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دژی ڕژێمی دیکتاتۆری فاشیست.

١١-هەردولا لەسەر گەڕان بە دوای ڕێوشوێنەکانی گەشەپێدانی شێوەکانی هەماهەنگی و کاری هاوبەش بەردەوام دەبن، هەم لەگەڵ یەکتریدا هەم لەگەڵ هەموو لایەنە نیشتمانییەکانی عیراقدا، بۆ یەکخستنی گروپەکانی شۆڕش، پشت بەست بە بنەما سیاسی و عەسکەرییەکانی هاوپەیمانی و پێکهێنانی دەستە سەرکردەییە هاوبەشەکان بەپێی ئەو بنەمایانە.

١٢-پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بەردەوامبون لەسەر کارکردن بۆ ڕێکخستنی شێوەی بەڕێوەبردنی خاڵە گومرگییەکان.

١٣-هەردولا کار بۆ پتەوکردنی هاوکاریی نێوانیان و هاوکاری کردنی لایەنەکانی تر لەسەر ئاستی جیهانی عەرەب و مەیدانی نێودەوڵەتی دەکەن، ئەویش بۆ ناساندنی تێکۆشانی گەلی کوردو پشتگیری کردنی مەسەلە نەتەوەییە رەواکەی.

١٤-بنەماکان و گیانی ئەم ڕێککەوتننامەیە تەواوی بوارەکانی ناو وڵات و دەرەوەی وڵات دەگرێتەوە.

شاندی پارتی کۆمۆنیستی عیراق

شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی

ڕێککەوتنێکی ئاشتییە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق کە لە ١٧ی شوباتی ١٩٩٤ لە ڕێ و ڕەسمێکی تایبەتدا لە هاوینە هەواری پیرمام لە بارەگای کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق واژۆ کراوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ دا ئالۆزییەکی توندوتیژ لە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی دروست بوو کە بە شێوەیەکی کتوپڕ هاتە ئاراوەو هیچ کامێکیان پلانی بۆ دانەڕشتبوو. قەیرانەکە دەوروبەری دوو مانگی خایاند، لە ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٩٣ لە کفری دەستی پێ کردو لە ١٧ی شوباتی ١٩٩٤ بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی لە هاوینە هەواری پیرمام کۆتایی پێ هات.

لە ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا دەملێکگیربون و دەرگیرییەك لە نێوان دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کفری، شەڕی لێ کەوتەوەو شەڕەکە بە رادەیەك تەشەنەی کرد کە هێزی چەکداری هەردولا لە کفری تێوەی گلان. هەرچەند رووداوەکە لاوەکی و هەڕەمەکی بوو و هیچ مەبەستێکی سیاسیی لە پشتەوە نەبوو، بەڵام کاری کردە سەر ئارامیی شارەکەو گرژیی لە پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی و بزوتنەوەی ئیسلامی دروست کرد، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی تێکهەڵچونە چەکدارییەکە ببوو بە مایەی گیان لەدەستدانی چوار پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامی.

بۆ ڕێگرتن لە زیاتر تەشەنەکردنی لێکەوتەکانی ڕووداوەکە، جموجوڵی دپلۆماتکارانە دەستی پێ کرد. لێپرسراوی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك عیماد ئەحمەدو پارێزگاری کەرکوك مستەفا چاوڕەش، لە سلێمانی پێکەوە پەیوەندییان بە شێخ محەمەد بەرزنجیی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە کردو کاریان بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە کرد. هەوڵەکان بۆ ڕێککەوتن لەسەر هاوکاری کردنی یەکتری بۆ ڕێ نەدان بە قەومانی روداوی ناخۆشتر ئەنجامی دڵخۆشکەریان لێ کەوتەوە. شێخ محەمەد بەرزنجی بە پەلە خۆی گەیاندە شوێنی روداوەکە. تیمێکی یەکێتیی نیشتمانیش کە لە عیماد ئەحمەد، مستەفا چاوڕەش، عوسمان حاجی مەحمود و عەدنان محەمەد قادر پێکهاتبوو، هەموو هەوڵەکانیان بۆ گێڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە چڕ کردەوە.

هەردولا لەسەر چەند خاڵێك ڕێك کەوتن لەوانە گرتنی ئەوانەی دەستیان لە کوشتنی چوار پێشمەرگەکەدا هەیە، گێڕانەوەی حەوت کلاشنکۆف و ئوتومبیلێکی هێزەکەی بزوتنەوەی ئیسلامی کە هێزەکەی یەکێتیی نیشتمانی دەستی بەسەردا

گرتبوو. دەم و دەست چەکەکان و ئۆتومبیلەکە رادەستی بزوتنەوەی ئیسلامی کرانەوە. هەروەها بڕیار درا دیلەکان ئازاد بکرێن. ئەمەش بە خێرایی جێبەجێ کرا، بەڵام یەکێ لەو دیلانەی کە لای بزوتنەوەی ئیسلامی بون، بە زیندویی نەدرایەوە چونکە کوژرا بوو. بە کردەوە، رێککەوتنە مەیدانییەکە دۆخی کفریی هێور کردەوە. هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەگەری سەرهەڵدانەوەی قەیرانەکە لە کفری نەبوو.

بەڵام روداوەکە ئاکامی خراپی لە شوێنی تر لێ کەوتەوە. کوژراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی، دوو پێشمەرگەی خەڵکی رانیەیان تێدا بوو. پاش ئەوەی تەرمەکانیان گەیشتە رانیە، هەڵچونێکی زۆر لە ناو هێزی بزوتنەوەی ئیسلامی لە دەڤەرەکە دروست بوو. پێدەچێ بە هۆی هەڵچونەکەوە، هەندێ لە پێشمەرگەکانی هێزەکە بڕیاریان دابێ تۆڵەی روداوەکەی کفری لە کۆمیتەی رێکخستنی رانیە بکەنەوە. لە ٢٠ی کانونی یەکەمدا هێزێکی گەورەی بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵی کوتایە سەر بارەگای کۆمیتەی رێکخستنی رانیەو لێپرسراوی کۆمیتە محەمەد سوڵتان و پێنج کادیری رێکخستنی کوشت.

روداوەکەی رانیە دۆخێکی گرژی لە سەرتاسەری کوردستان دروست کردو ترسی تەشەنەکردنی پێکدادانی چەکداری هێنایە ئاراوە. ترسەکەش بە خۆڕایی نەبوو چونکە یەکسەر دوای روداوەکەی رانیە، گرژی سنوری چوارقورنە، حاجیاوا، سەروچاوە، قەڵادزێ، کۆیە، شەقڵاوە، هەریر، دیانا، هەولێرو سلێمانیی گرتەوە، بەڵام هەوڵێکی زۆر درا تا شەڕ لە ناو سلێمانی روو نەدات. لە ٢٢ ی کانونی یەکەمدا کۆبونەوەیەك بە سەرپەرشتیی پارێزگاری سلێمانی جەمال عەبدول لە نێوان هەردولا لە بارەگای پارێزگا بەستراو هەوڵ درا سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری لە شەڕ دور بخرێنەوە. بەهۆی کۆبونەوەکەوە، توانرا دۆخی سلێمانی کۆنترۆڵ بکرێ. بەڵام هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە هەولێر دەستپێشخەرییان لە شەڕ کردو دۆخێکی گرژیان لە ناو شار دروست کرد. بۆیە شێخ محەمەد بەرزنجی بڕیاری دا بچێ بۆ هەولێرو لەم سەروبەندەدا موحسین عەلی ئەکبەر لەبری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فایق تۆفیق بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی لەبری پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵی رۆیشتن بۆ ئەوەی پێکەوە کار بۆ کۆنترۆڵ کردنی گرژی و پێکدادانەکان بکەن.

دۆخەکە هەر بە گرژی مایەوە. لە ٢٥ ی کانونی یەکەمدا هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی پەلاماری بارەگای کۆمیتەی رێکخستنی هەورامانیان داو پێنج کادیری یەکێتیی نیشتمانییان کوشت و ژمارەیەکیشیان دەستگیر کرد. هەر ئەو رۆژە هێزێکی دیکەی بزوتنەوەی ئیسلامی لە گەڕەکی توی مەلیکی شاری سلێمانی هەڵی کوتایە سەر بارەگای کاروباری کۆمەڵایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حەوت ئەندامی تێدا دەستگیر کردو بارەگاکەی وێران کرد. هێزێکی تریش لە هەوارە بەرزەی سلێمانی بازگەی دانا. لە ئەنجامی ئەم کردەوانەدا شەڕ ناو شاری سلێمانیی گرتەوە. لە ٢٦ ی کانونی یەکەمدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی دەستیان بەسەر بارەگاکانی بزوتنەوەی ئیسلامیدا گرت لە سلێمانی و کۆتاییان بە شەڕ لە ناو سلێمانی هێنا.

لە هەولێریش هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی شەڕەکەیان یەکلاکردەوەو دەستیان بەسەر هەموو بارەگاکانی بزوتنەوەی ئیسلامیدا گرت. قورسترین شەڕ لە ململانێ چەکدارەکەدا لە چوارقورنە رویداو تێیدا هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی زۆرترین زیانیان بەر کەوت.

لە ٣ ی کانونی دووەمی ١٩٩٤دا ئەنجومەنی

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبونی تاڵەبانی و بارزانی و هەر شەش ئەندامەکەی تر، لە هاوینە هەواری پیرمام کۆبونەوەی ساز کردو روداوەکانی شەڕی لە کوردستان تەتەڵە کرد.

لە ٢٣ی کانونی دووەمدا کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باری ئاسایشی کوردستانی تاوتوێ کردو لە راگەیەندراوی کۆتایی کۆبونەوەکەدا داوای کرد «رێگا بە فرە لەشکری نەدرێ» وەك رێوشوێنێك بۆ رێگرتن لە روداوی شەڕوشۆڕ، هەروەك داواشی کرد «بوار بە هیچ لایەنێك نەدرێ مەرکەزێکی بڕیار بەرامبەر بە پەرلەمان و حکومەت قوت بکاتەوە»، لەم سەروبەندەشدا داوای کرد رێ بە هیچ لایەنێکی سیاسی نەدرێ مزگەوتەکان «بۆ مەبەستی حزبایەتیی تایبەت و پرۆپاگەندە» بەکار بهێنێ.

هەر لەو ماوەیەدا چەند لایەنێکی سیاسی هەوڵی جوامێرانەی خۆیان بۆ ناوبژیوانی و گێڕانەوەی سەقامگیری خستە گەڕ لەوانە کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (INC) بە سەرۆکایەتیی دکتۆر ئەحمەد چەلەبی و شاندی ئاشتبونەوەی میللیی عیراق. ئەو هەوڵانە هەنگاوی کارایان بۆ پێشەوە ناو هەردولا، یەکێتیی نیشتمانی و بزوتنەوەی ئیسلامی، ئارەزوی ئاشتبونەوەیان دەربڕی. پاش زنجیرەیەك دیدار بە ناوبژیوانیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق و شاندی ئاشتبونەوەی میللیی عیراق، هەردولا ئامادە بون پەیمانی ئاشتی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان واژۆ بکەن.

لە ١٧ی شوباتی ١٩٩٤ دا لە رێ و رەسمێکدا لە بارەگای کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لە هاوینە هەواری پیرمام، بە ئامادەبونی مەسعود بارزانی، دکتۆر ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق و ئەندامانی شاندی ئاشتبونەوەی میللیی عیراق، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی رێککەوتنی ئاشتییان واژۆ کرد. لەباتی یەکێتیی نیشتمانی، تاڵەبانی رێککەوتننامەکەی واژۆ کردو لەباتی بزوتنەوەی ئیسلامی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز. شاندی یەکێتیی نیشتمانی لە تاڵەبانی، عومەر فەتاح، فەرەیدون عەبدولقادر، محەمەد تۆفیق رەحیم و سەعدی ئەحمەد پیرە پێك هاتبوو. شاندی بزوتنەوەی ئیسلامیش لە مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، شێخ محەمەد بەرزنجی و مەلا غەنی پێك هاتبوو.

جگە لەوەی کە تاڵەبانی و مەلا عوسمان عەبدولعەزیز رێککەوتننامەکەیان واژۆ کرد، هەر یەك لە مەسعود بارزانی، دکتۆر ئەحمەد چەلەبی، فلەییح سامەرائیی سەرۆکی شاندی ئاشتبونەوەی میللیی عیراقیش وەك چاودێر واژۆیان کرد.

پاش واژۆکردنی رێککەوتننامەکە، سامەرائی سوپاسی هەموو لایەنەکان کرد کە «وردبینانە بە پیر بانگەوازی واژۆکردنی رێککەوتنەکەوە هاتون» و هیوای خواست لەمەولا هەموو لایەنەکان «دەست لە ناو دەست، برایەتی و خۆشەویستی و متمانە بە یەکتری قوڵ بکەنەوە». پاشان بارزانی لە وتەیەکی کورتدا جەختی کردە سەر پێویستیی هەموان « بە ئاشتی و هاوکاری و رێککەوتن». هەروەها تاڵەبانی سوپاسی ئەو لایەنانەی کرد کە رۆڵێکی بەرچاویان لە نزیك کردنەوەی تێڕوانینە جیاوازەکان و داڕشتنی رێککەوتننامەکەدا هەبوو و جەختی کردە سەر ئەوەی کە گەلی کورد «دەتوانێ بە شێوەیەکی راست و دروست کێشەکان چارەسەر بکات». هەروەها مەلا عوسمان عەبدولعەزیز لە وتەیەکدا وتی «بە داخەوە بۆ روداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان و ئێستا رایدەگەیەنم کە جگە لە نیاز پاکی و خێرو ئاشتی، هیچ نیازێکم نیەو لە هەموو لایەك داواکارم رق و کینە وەلاوە بنێن و لاپەڕەیەکی نوێی سپی هەڵبدرێتەوە».

لە کۆتاییدا چەلەبی قسەی کردو وتی تاڵەبانی «هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکەوە نەرمیی نواندوە، داوای ئاشتیی کردووەو وەك دەوڵەتمەدارێك کە خەمی بەرژەوەندیی گەل و وڵاتەکەیەتی هەڵسوکەوتی کردوە».

لە رێککەوتننامەکەدا هەردولا جەختیان کردە سەر پێویستیی چەسپاندنی یاساو هانا نەبردن بۆ چەك بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

دوا بە دوای واژۆکردنی رێککەوتنەکە، بزوتنەوەی ئیسلامی هەموو بارەگاکانی وەرگرتەوە، رەوشی هەرێم ئاسایی بۆوەو پەیوەندیی نێوان هەردولا چاکبونەوەی بە خۆیەوە بینی. لە ١٨ی شوباتدا مەسعود بارزانی بە بۆنەی واژۆکردنی پەیمانی ئاشتییەوە، لەسەر خوانی بەربانگی مانگی رەمەزان، لە سەری رەش، میوانداریی تاڵەبانی و دکتۆر ئەحمەد چەلەبی و مەلا عوسمان عەبدولعەزیزی کرد. لە ١٩ ی شوباتدا دکتۆر ئەحمەد چەلەبی لەسەر خوانی بەربانگ لە بارەگای کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لە هاوینە هەواری پیرمام میوانداریی هەر یەك لە تاڵەبانی و بارزانی و مەلا عوسمان عەبدولعەزیزی کردو لە ٢١ی شوباتدا تاڵەبانی لە بارەگای خۆی لە هەولێر، خوانێکی بەربانگی بۆ هەر یەك لە بارزانی و دکتۆر ئەحمەد چەلەبی و مەلا عوسمان عەبدولعەزیز ساز دا.

## رێککەوتنی برایەتی و هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

رێککەوتنێکی ئاشتی و هاوکارییە لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستان واژۆ کراوە. لەبری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاڵەبانی و لەبری پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی واژۆی کردووە.

رێککەوتنەکە ئاسەواری شەڕی ناوخۆی پێوە دیارە، بەتایبەتی کە پاش نزیکەی شەش مانگ و نیو لە بەرپابونی شەڕی ناوخۆ لە نێوان هەردولا واژۆ کراوە. لە قۆناغێکی هەستیاردا هاتە ئاراوە کە کەوتۆتە نێوان خولی یەکەم و خولی دووەمی شەڕی ناوخۆ، بۆیە هیوای ئەوەی لەسەر هەڵدەچنرا کە رێ لە هەڵایسانی خولی دووەمی شەڕ بگرێ و ئاشتییەکی سەقامگیر لەگەڵ خۆیدا بێنێتە دی.

لەو هەلومەرجەدا رێککەوتنەکە دوایین هیوا بوو بۆ گێڕانەوەی ئارامی بۆ کوردستان، بەتایبەتی کە هێشتا رقەکان تا ئەندازەیەکی مەترسیدار ئەستور نەبوو بوون و کینەکان بە تەواوی رەگیان دانەکوتا بوو.

دەقی رێککەوتنەکە کە تاڵەبانی خۆی نوسیویەتی، چەردەیەك خاڵی ئەرێنیی لە خۆ گرتووە. هەر لە دیباجەکەدا رێککەوتنەکە شەڕی ناوخۆی بە «شەڕێکی خۆکوژی» داوەتە قەڵەم کە کاریگەریی لەسەر پێگەی کورد دروست دەکا. رێککەوتنە لە ١٤ مادده پێکهاتووە کە هەر هەموی بۆ گێڕانەوەی متمانە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بەگەڕخستنەوەی حکومەتی هاوبەش و دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری تەرخان کراون. لە ماددەی یەکەمدا زۆر بە توندی جەخت کراوەتە سەر «حەرام کردن و تاوانبارکردنی« شەڕی ناوخۆو شەڕەکە بە«تاوانێکی نیشتمانیی گەورە» دانراوە. دەستەواژەی «حەرام کردن و تاوانبارکردنی شەڕی ناوخۆ» دەستەواژەیەکە تاڵەبانی دایهێناوەو لە فۆرمە عەرەبییەکەی «تەحریم

و تەجریم»ی شەڕەوە هاتووەو لە زۆربەی لێدوانەکانی ئەو سەردەمەیدا بە شێوەیەکی فراوان بەکاری هێناوە. ڕێککەوتنەکە داوای کردووە کێشەکان «بە ڕێگای ئاشتییانەو شێوازی دۆستانەو گفتوگۆو وتوویژو ڕەخنەی برایانە» و بە بێ هانا بردن بۆ بەکارهێنانی چەك چارەسەر بکرێن. هەر لەم سەروبەندەشدا ڕێککەوتنەکە پێشنیاری کردووە پەرلەمان یاسای حەرام کردن و تاوانبارکردنی شەڕی ناوخۆ دەر بکات.

لە ڕێککەوتنەکەدا بیر لەوە کراوەتەوە کە هەندێ میکانیزم بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ بدۆزرێنەوەو ئەو میکانیزمانە ڕەهەندێکی یاساییان هەبێ بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان پێوەی پابەند بن. لەم چوارچێوەیەدا ڕێککەوتنەکە پشتیوانیی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن کردووە بەڵام مەرجی داناوە کە دەبێ، پێش هەڵبژاردن، سەرژمێری دانیشتوان بکرێ بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمان کە بەبێ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران بەڕێوە چووە، دوبارە نەبنەوە، هەروەك دژی ئەوەش نەبوە کە یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە.

ئامانجی هەندێ لە هەنگاوە پێشنیارکراوەکان گێڕانەوەی متمانە بووە بۆ پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات لەوانە، کە سەرنجڕاکێشترینیانن، دوو پێشنیار. یەکێکیان زیندوکردنەوەو فراوان کردنی بەرەی کوردستانییە « پاش دەستکاری کردنی پرۆگرامەکەی«. ئەمە بەم واتایە دێت کە ئومێد هەبوو کاری بەرەیی ببێ بە مایەی سەقامگیرکردنی متمانەی نێوان لایەنە هاوپەیمانەکان. لە هەمان کاتدا بەم واتایەش دێت کە ڕێککەوتنەکە بە تەنها بەس نیە بۆ هێنانە دیی تەبایی و سەقامگیرکردنی متمانە، بەڵکو پێویستی بە ئاستێکی بەرزتری لێك تێگەیشتنە بە شێوەی بەرەی سیاسی. پێشنیاری دووەم، پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی هاوبەشە لە سەرکردایەتیی هەردوو حزب بە تاڵەبانی و بارزانییەوە بۆ «جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکان و سەرپەرشتی کردنی گرتنە بەری ئەو سیاسەتە هاوبەشەی کە لەسەری ڕێککەوتون»و هەروەها بۆ «گەشەپێدان و پتەوکردنی گیانی هاوکاری و برایەتی و هاوخەباتی». وەك دەردەکەوێ، لە دۆخێکی وادا سەرکردایەتیی هاوبەش دەبێتە دەزگای جێبەجێکاری ڕێککەوتنەکەو ڕیتمی جێبەجێ کردنی بڕیارەکان خێراتر دەکات، بەتایبەتی کە خودی تاڵەبانی و بارزانی ئەندامن تێیدا.

پەیوەند بەم مەسەلەیە، ڕێککەوتنەکە ئاماژەی بە دوو ڕێککەوتنی پێشو کردووەو داوای جێبەجێ کردنی هەردوکیانی کردووە. یەکێکیان ڕێککەوتنی ستراتیجیی ساڵی ١٩٩٣ یەو ئەوی تر ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٤ی پاریسە. لە ڕێککەوتنی ستراتیجیدا کە تێیدا هەردولا لەسەر بنەماکانی پێکەوە بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم ڕێك کەوتبون، بڕیار بوو ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی لە هەشت کەس بۆ بەڕێوەبردنی هەرێم پێك بهێنرێ و نیاز وابوو تاڵەبانی وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مەسعود بارزانی وەك نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندام بن تێیدا. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیجی هەندێ بڕگەی لە خۆ گرتبوو کە تا رادەیەك لەگەڵ ڕێککەوتنی ئاشتی و هاوکاری نەدەگونجان، ماددەی چواردەهەم داوای پشت گوێ خستنی ئەو بڕگانەی کردبوو. سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی پاریسیش، ئەم ڕێککەوتننامەیە چارەسەری بنەڕەتیی بۆ زۆربەی کێشەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیار کردبوو، لەوانە دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دادگای تەمیز، ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیی

دانیشتوان، ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ لە هەموو رویەکەوە، ئامادەکردنی دەستوری هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم لە ئایاری ١٩٩٥. ئەم رێککەوتننامەیە لە لایەن سەرۆکی شاندی هەردولاوە، هەر یەك لە نەوشیروان مستەفاو سامی عەبدولڕەحمان، بە شێوەیەکی سەرەتایی واژۆ کرابوو بەڵام بۆ ئەوەی دەست بە جێبەجێ کردنی بکرێ، دەبوایە هەر یەك لە تاڵەبانی و بارزانی واژۆی بکەن.

بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین مەرجەکانی تەبایی لە نێوان هەردولا، رێککەوتنەکە جەختی کردۆتە سەر هەماهەنگی و هاوکاریی تەواوی نێوان سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و رێککەوتن لەسەر دەرچواندنی بڕیارە گرنگەکان بە رەزامەندیی هەردولا.

یەکێ لە گرنگترین دورنما ستراتیجییەکانی رێککەوتنەکە، جەخت کردنێتی لەسەر هێنانە دیی ژێرخانێکی بەهێز بۆ ئابوریی کوردستان و لەم سەروبەندەدا رێککەوتنەکە، بۆ یەکەم جار لە دیکۆمێنتێکی فەرمیدا، ئاماژە بە «دەرهێنانی نەوت و سامانە کانزاییەکان» دەکا.

لە ماددەی نۆیەمدا رێککەوتنەکە وێڕای پشتگیری کردنی لە فیدرالیزم وەك چارەسەر بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لە عیراق، بە پێویستی زانیوە بانگەشەیەکی سیاسیی فراوان بۆ فیدرالیزم بکرێ و تێیدا ئەوە نیشان بدرێ کە فیدرالیزم «پێچەوانەی جیابونەوەیە» و وەڵامێکی پڕاوپڕە بۆ «پڕۆپاگەندە شۆڤێنییەکان کە دەڵێن گوایە فیدرالیەت هەنگاوێکە بۆ دابەشکردن و جیابونەوە».

هەروەها رێککەوتنەکە زەمینەسازیی بۆ یەکخستنی هەردوو دەزگای زانیاری و رێکخستنی تایبەت کرد بۆ ئەوەی ئەم دوو دەزگا هەواڵگرییە گرنگە ببنە فاکتەرێکی ئەرێنی بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی. هەروەها بە پێویستی زانیوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هاودەنگ و هاوهەڵوێست بن لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (INC) و ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و لەم رووەوە تێڕوانینێکی یەکگرتوو و رۆشنیان بۆ هەوڵەکانی روخاندنی رژێمی عیراق و هێنانە سەر کاری ئەلتەرناتیڤێکی دیموکراتی پەرلەمانی هەبێت.

رێککەوتنەکە ئاستی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان گەیاندۆتە ئاستی هاوپەیمانێتی کە هەردولا تێیدا رەزامەند بون بەوەی کە لانی کەم تا کۆتایی سەدەی بیستەم کار بە رێککەوتنەکە بکەن.

لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤ دا لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوولادا کە بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی و بارزانی لە هاوینە هەواری پیرمام بەسترا، رێککەوتنەکە واژۆ کرا، بەڵام بڕیار درا لە کۆبونەوەی پەرلەمان رابگەیەنرێ. لە کۆبونەوەکەی هاوینە هەواری پیرمامدا، شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، کۆسرەت رەسول عەلی، دکتۆر کەمال فوئاد، عومەر فەتاح، فەرەیدون عەبدولقادرو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی مەحمود خدر حسێن پێك هاتبوو. شاندی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە عەلی عەبدوڵلا، فازل میرانی، سامی عەبدولڕەحمان، نێچیرڤان بارزانی، جەوهەر نامیق سالم، دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس، دکتۆر جەرجیس حەسەن، موحسین دزەیی، فەلەکەددین کاکەیی و فرانسۆ هەریری پێك هاتبوو.

لە ٢٣ی تشرینی دووەمدا مەکتەبی سیاسیی هەردولا کۆبونەوەیەکی تری لە بارەگای سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی لە هەولێر بەست.

شاندی یەکێتیی نیشتمانی لە هەمان ئەندامانی کۆبونەوەی هاوینە هەواری پیرمام پێك هاتبوو، لە کاتێکدا شاندەکەی پارتی یەك کەسی بۆ زیاد کرابوو. بابەتی سەرەکیی کۆبونەوەکە تاوتوێ کردنی وردەکاریی پێکهێنانی کابینەی سێیەم بوو کە بڕیار بوو کابینەیەکی بنکە فراوان بێ. لە کۆبونەوەکەدا لەسەر شێوەی دابەشکردنی وەزارەتەکان رێککەوتن کراو لەم سەروبەندەدا پێنج وەزارەت بۆ یەکێتیی نیشتمانی دانرا، پێنج وەزارەت بۆ پارتی دیموکرات و پێنج وەزارەتیش بۆ لایەنە بەشداربووەکانی تر. هەروەها هەردولا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە کۆسرەت رەسول عەلی و دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس بۆ پێکهێنانی کابینەی تازە راسپێردرێن.

لە ٢٤ی تشرینی دووەمدا پەرلەمان بە ئامادەبونی تاڵەبانی و بارزانی کۆ بوّوە. جگە لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی هەردوو حزب، چەند کەسایەتییەکی سیاسیش ئامادەی کۆبونەوەکە بون لەوانە دکتۆر ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق، سەید محەمەد بەحرولعلوم ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق، عەزیز محەمەد سکرتێری پێشوی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، کەریم ئەحمەد لەباتی بەرەی کوردستانی، عەلی عەبدولعەزیز جێگری رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی و ژمارەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەر یەك لە حزبی شیوعیی کوردستانی عیراق و بزوتنەوەی ئیسلامی.

هەر یەك لە بارزانی و تاڵەبانی وتاریان لە کۆبونەوەکەدا خوێندەوە. بارزانی وتی «گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە شەڕ رێگای چارەسەر نیە. ئاشتی و برایەتی و رێزلێنانی یاسا رێگای راستی چارەسەری گیروگرفتەکانە». هەروەها تاڵەبانی لە وتارەکەیدا هیوای خواست «ئەم کۆبونەوەیە دەستپێکی سەردەمێکی نوێ بێ، نەك تەنیا لە کوردستانی عیراق، بەڵکو لە عیراقی ئازیزیش کە شەوەزەنگی دیکتاتۆریەت بەسەریدا زاڵەو درێژەی کێشاوە».

پاشان بەڵگەنامەی دەستلەکار کێشانەوەی کابینەی دووەم بە واژۆی کۆسرەت رەسول عەلی و دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس پێشکەش بە پەرلەمان کرا کە ئەوەی تێدا هاتبوو کە کابینەکە بەشێکی گرنگی بەرنامەی خۆی جێبەجێ کردووە بەڵام «کارەساتی شەڕی ناوخۆی خۆکوژی هەموو بەرنامەو پلانی کابینەکەی ئیفلیج کرد». هەر ئەو رۆژە دەستلەکار کێشانەوەکە پەسند کراو داوا لە کابینەکە کرا لەسەر بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خۆی بەردەوام بێ تا کابینەی تازە پێك دەهێنرێ.

لە ٢٦ی تشرینی دووەمدا پەرلەمان، بەپێی رێککەوتنی هەردوو حزب، ئەرکی پێکهێنانی کابینەی تازەی بە کۆسرەت رەسول عەلی و دکتۆر رۆژی نوری شاوەیس سپارد.

لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بە ئامادەبونی تاڵەبانی و بارزانی لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر بۆ ماوەی چوار سەعات کۆبۆوەو بە تاوتوێ کردنی وردەکارییەکانی پێکهێنانی کابینەی بنکە فراوانەوە سەرقاڵ بوو.

جێبەجێ کردنی ماددەکانی رێککەوتنەکە لێی رادەبینرا ئاشتییەکی سەقامگیر لە کوردستان جێگیر بکات. بە بەراورد لەگەڵ رێککەوتنی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم کە لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٩٣ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆ کراوە، رێککەوتنی ئاشتی و هاوکاری بە پێشکەوتوتر دادەنرێ، بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کە ئەم رێککەوتنە بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر و بە وردەکارییەکی زۆرتر کێشەکانی شی کردۆتەوەو

نەخشە ڕێگایەکی ڕونترو شیاوتری بۆ جێبەجێ کردن داناوە. هەرچەند دەقی ماددەکان ڕێککەوتنەکەیان وەك ڕێککەوتنێکی ستراتیجی نەناسیوە، بەڵام دورنمای ستراتیجی لەو ڕێککەوتنە، تەنانەت لە ڕێککەوتنی پێشوش ڕۆشنترو وردتـرو فراوانتر دەردەکـەوێ بە ڕادەیـەك کە نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو وتارەی کە سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاوی کردۆتەوە، لە ناونیشاندا ڕێککەوتنەکە بـە ڕێککەوتنێکی ستراتیجی دادەنــێ. جەخت کردنی ڕێککەوتنەکە بە شێوەیەکی لێبڕاوانە لەسەر پێویستیی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی پاریس لە لایەك و ڕێککەوتنی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم لە لایەکی تـرەوە، خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەیەکی ڕۆشنی دورنما ستراتیجییەکەی ڕێککەوتنەکەیە. دەقی ڕێککەوتنەکە چوار جار ناوی ڕێککەوتننامەی پاریس دێنێ، یەك جاریش لە دوایین ماددەدا جەخت دەکاتە سەر پابەندبون بە ڕێککەوتنی ستراتیجی، سەرباری ئەوەی کە سەرتاپای ماددەی هەشتەمی ڕێککەوتنەکە بۆ زەق کردنەوەی لایەنە ستراتیجییەکەی ڕێککەوتنەکە تەرخان کراوە کە بە شێوەی «دانانی ستراتیجێکی گشتی بۆ هەرێمی کوردستان» گوزارشتی لێ کراوە.

لـەو مـاوەیـەدا گرژیی نێوان هـەردولا لە ڕانیە، سلێمانی، هەولێر، کۆیەو کەلار پەرەی سەندو کەشێکی نالەباری بۆ بەردەوامبونی پرۆسەی ئاشتی دروست کرد. لە ٢٣ی کانونی یەکەمدا ٥٩ پەرلەمانتار لە هەر سێ فراکسیۆنی سەوزو زەردو مۆر پەناگیرییان لە هۆڵی پەرلەمان ڕاگەیاندو داوایان لە هەردوو حزب کرد سنورێك بۆ گرژیی نێوانیان دابنێن.

هـەر لـەو مـاوەیـەدا شاڵاوێکی تیرۆرکردن دژی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەولێری گرتەوە کە دۆخەکەی ئاڵۆز کردو گومان و گرژیی لە پەیوەندییەکانی نێوان هـەردولا دروست کـرد. لە ٢١ی تشرینی دووەمـدا پێشمەرگەی دێرین شێرزاد عوسمان ناسراو بە مام شێرزاد تیرۆر کرا. لە ٢٦ی تشرینی دووەمدا مەلا عەبدولڕەحمان مەلا عەبدوڵڵا، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگـەوتی عـومـەر کوڕی خەتاب و جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلام لە ناو مزگەوتەکە درایە بەر تەورو دواتر لە ٢٦ ی کانونی یەکەمدا گیانی لەدەستدا. لە ٢٧ی تشرینی دووەمدا پارێزەر نوری نانەکەلی، لێپرسراوی کۆمیتەی کاسبکاران، تیرۆر کرا. ئەم ڕوداوانە هیچ ئومێدێکیان بـە هێنانە دیـی لێك تێگەیشتنێکی هاوبەش نەهێشتەوەو کەش و هەوایەکی گونجاویان بۆ گەیشتن بە چارەسەر پێك نەهێنا.

لە ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤دا، پاش نزیکەی مانگێك لە واژۆکـردنـی ڕێککەوتنەکە، نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتی وتارێکی لە پەراوێزی ڕێککەوتنەکەدا لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نـوێ» بـڵاوکـردەوە، تێیدا بیـرو بۆچـونی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی کوردستان و ڕێککەوتنە تـازە واژۆکـراوەکـە دەربـڕی. لـەم سـەروبـەنـدەدا، بۆ ئەوەی ڕاشکاوانەو سەربەستتر بدوێ، لە پێشەکیی وتارەکەدا وتی کە وتارەکە «بە ناوی خۆمەوەو لەسەر مەسئولیەتی خـۆم دەیـنـوسـم». پێشتریش جەختی کردبوە سەر ئەوەی کە «شاردنەوەی ڕاستی لە خەڵك زەرەر لە ڕەوتی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکەو چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش دەدات و چاوپۆشین لە کاری چەوتی یەکتری، سەرلەنوێ زەمینەی شەڕ خۆش دەکاتەوە». نەوشیروان مستەفا لە ڕوانگەی پـەرۆشـیـیـەوە بـۆ جێبەجێ کـردنـی ڕێککەوتنەکە، بۆچونەکانی خۆی بە ڕونـی خستە بـەرچاو «بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنەش بە دەردی ئەوانی تر نەچێ»

و نیشانیدا کە «سیاسەتی دێزە بە دەرخۆنە کردنی راستییەکان هۆیەکی سەرەکیی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بووە». لە وتارەکەیدا، رەخنەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان گرت کە سەرقاڵی زیادکردنی هێزەکانی خۆیەتی، لە کاتێکدا ڕێککەوتنێك لەنێوان هەردولادا بۆ تەبایی و هاوکاری هەیەو ئەمەی وا لێکدرایەوە کە پارتی دیموکرات «دەیەوێ حکومەتی میلیشیا بمێنێ». هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پێش و پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە «تاوانی ڕێکخراو» لە چەند شوێنێك دژی کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانی ئەنجام دراوەو لەم سەروبەندەدا ئاماژەی بە چەند نمونەیەك کرد لەوانە بۆسەنانەوە لە شیوەسور لەسەر ڕێگای چەمچەماڵ- سلێمانی و تەقەکردن لە لێپرساوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بووە هۆی برینداربونی هەشت لێپرساو لەوانە عیماد ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شاڵاو عەلی عەسکەری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی سەوز، مستەفا چاڵاوی و محەمەد عیززەددین کارگێڕانی مەڵبەند ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك. وتارەکە وای داناوە کە بۆسەکە «ڕێکخراو» بووەو تەقەکەرەکانیش پاش کردەوەکە، دەم و دەست، گوێزراونەتەوە بۆ هەڵەبجەو لەوێ داڵدە دراون.

بە هەمان پێودانگ وتارەکە چووە سەر باس کردنی «زنجیرەیەك تاوانی ڕێکخراوی تر «دژی کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە شاری هەولێر کە تێیدا «دوو پارێزەرو یەك پێشمەرگەو زانایەکی ئاینی بونە قوربانی». وتارەکە ئەم دیاردەیەی بە «شەڕی نهێنی» ناو برد کە ئامانجەکەی «بە بەرنامە» تێکدانی ئارامی و ئاسایشی شارەکانە. وتارەکە بڕێکی زۆر رەشبینی و بێئومێدیی لێ دەچۆڕێ و بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئایندەی پەیوەندییەکان. زۆری نەبرد ئاڵۆزبونی رەوشەکەو زیادبونی گرژییەکان، دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ لێك تێگەیشتن نەهێشتەوە.

ڕێککەوتنەکە نەیتوانی رێ لە هەڵایسانی خولی دووەمی شەڕ بگرێ. تیۆریی زاڵ لە ناو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان نەرمییەکی روکەش بەرامبەر بە دەستپێشخەرییەکانی ئاشتی دەنوێنێ بەڵام لە کۆتاییدا مل نانێ بۆ ئاشتی و پابەندی هیچ ڕێککەوتنێك نابێ. پەیوەست بەم تیۆرییە، سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو بڕوایەدا بوو کە پارتی گرەو لەسەر کات دەکات و پێی وایە بەردەوامبون لەسەر بێبەش کردنی یەکێتیی نیشتمانی لە تاکە سەرچاوەی سەرەکیی داهات کە گومرگی برایم خەلیلە، تەنگی پێ هەڵدەچنێ و تێکی دەشکێنێ. بە دەستپێکردنی خولی دووەمی شەڕ، ڕێککەوتنی واژۆکراو هیچ بایەخێکی نەماو بە نەبوو دانرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پاریس (ڕێککەوتننامە).

*ڕێککەوتنی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم.

## پاشکۆی ژمارە ١

## دەقی ڕێککەوتنی برایەتی و هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەو ئەزمونانەی کە گەلەکەمان پێیاندا تێپەڕ بوون و رووداوەکانی ئەم دواییە راستییەکی گرنگیان سەلماند کە پێویستە بزانرێ و کاری پێ بکرێ، ئەویش ئەوەیە

که شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی (یەکگرتوی) کوردستان شەڕێکی خۆکوژییە، بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دەڕمێنێ، ئیرادەی گەلەکەشمان لە ناوەوە دەڕەوە بەفیرۆ دەداو زەرەر بە سومعەی هەردوو حزب و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دەگەیەنێ. ئەو ئەزمونانە سەرلەنوێ تەئکید لەسەر گەشەپێدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و بەرەی کوردستانی دەکەنەوە، لەوانە یەکەم، یەکێتی و ئالیکاریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی (یەکگرتوی) کوردستان و دووەم، یەکێتیی ریزەکانی هێزە نیشتمانییە کوردستانییەکان.

لەبەر هەموو ئەمانە، هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی (یەکگرتوی) کوردستان بە ئامادەبونی برایان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی هەردولا (جگە لەوانەی لە دەرەوەی وڵات دان) کۆ بونەوەو پاش لێکۆڵینەوەو وتووێژو باس لێوە کردن، بە تێکڕایی، بڕیاری ئەمانەی خوارەوەیان دا:

یەکەم: حەرام کردن و تاوانبارکردنی شەڕ لە نێوان حزب و هێزە سیاسییەکانی هەرێم، بەتایبەتی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی (یەکگرتوی) کوردستان و ئەو شەڕەش بە تاوانێکی نیشتمانیی گەورە دادەندرێ کە ناشێ پەنای بۆ ببردرێ بەڵکو ئەرکی نیشتمانی وا دەخوازێ کە خۆی لێ لابدرێ و لە ریزەکانی هەردوو حزب هەڵمەتێکی فیکریی بەرفراوان دژی بەرپا بکرێ تاکو دەرون و مێشکی بۆ پاك بکرێتەوەو لەپێناوی سەپاندنی عەقلیەتێکی شارستانی و بڵاوکردنەوەی لە ناو ریزەکانی ئەندام و کادیران و سەرکردایەتیی هەردوو حزب، عەقڵیەتێکی دیموکراتی کە باوەڕی بە برایەتی و هاوپەیمانێتی و چارەسەری سیاسی و ئاشتییانەی کێشەو گرفتەکان هەبێ و هەموو شێوەیەکی توندوتیژی و پێکدادان و تیرۆرو گوشارو ناچارکردن و سەپاندنی بۆچون و هەڵوێستەکان رەت بکاتەوەو دژی بە زۆر چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی بەردەم رێڕەوی خەبات و دیموکراسیی کوردستانی عیراق بێت و پەنابردن بۆ وڵاتانی بێگانە لە ململانێ ناوخۆییەکانی دژ بە یەکتر حەرام و تاوانبار بکات و بەفیرۆدانی سامانی نیشتمانی حەرام بکات، بەڵکو تەئکیدیش لەسەر چارەسەرکردنی هەموو کێشەو جیاوازییەکانی نێوان هەردوو حزب یان نێوان لایەنگران و رێکخراوەکانیان بە رێگای ئاشتییانەو شێوازی دۆستانەو گفتوگۆو وتووێژو رەخنەی برایانە بکاتەوە، بە شێوەیەك کە تەنانەت بیرکردنەوەو پەنابردن بۆ چەك ببێتە وەهمێکی تۆقێنەرو روانینێکی بێزراوو قێزلێکراو.

تەنانەت ئەگەر ناکۆکییەك یان ململانێیەك لە گەڕەکێك یان گوندێك یان شارێك رویدا، ئەوا دەبێ پەلە لە کۆنترۆڵ کردنی بکرێ و رێگا لە بڵاوبونەوەو تەنینەوەی بگیرێ و وەکو ئەرکێکی بنچینەیی بە هەردوو سەرکردایەتی بە گشتی و بە برایان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بەتایبەتی، رابگەیەنرێ.

هەروەها پێویستە ئەندامان و کادیران و سەرکردایەتیی هەردوو حزب بە گیانی برایەتی و هاوپەیمانێتیی خەبات گۆش بکرێن، ئەو راستییەش بزانن کە ئایندەو چارەنوسیان پێکەوەیە، هەروەها پێویستە بەو هزرە پەروەردە بکرێن کە سەرکەوتن و شکستی هەر یەکێکیان سەرکەوتن و شکستی ئەوی تریشە. پێویستیشە پێ لەسەر بڵاوکردنەوەی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و شێوازە شارستانی و حزبییەکان دابگیرێ و ململانێیەکی شەریفانە بۆ ئەندام و لایەنگر زیادکردن لە ناو ریزەکانی جەماوەرو کادیرانی هەردوو حزب بڵاو

بکرێتەوە. پێویستە هەردولا بە شێوەیەکی هاوبەش کار بکەن بۆ داڕشتنی یاسایەك لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە سەبارەت بە حەرام کردن و تاوانبارکردنی شەڕی ناوخۆ.

دووەم: خۆ بە دور گرتن لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی پێکدادان و هەڵشاخان لە نێوان هەردولا، ئەویش بە لەبەرچاو گرتنی ئەمانەی خوارەوە:

١-هەڵبژاردن:

أ-پەلەکردن لە جێبەجێ کردنی ئاماری گشتی لە لایەن ئەو لیژنە حکومییەی کە کارەکەی پێ سپێردراوە، بە مەرجێك ئەو ئامارە پێش کۆتایی هاتنی خولی ئێستای پەرلەمان ئەنجام بدرێت.

ب-ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادو بێگەردو رێ خۆش کردن بۆ ئەم هەڵبژاردنە لە رێگای جێبەجێ کردنی ئاماری گشتی و ئاسایی کردنەوەی سەرتاسەری و دابین کردنی ئازادییە گشتییەکان بۆ مسۆگەرکردنی ئازادی و دەکرێ بۆ ئەو هەڵبژاردنە، ئەگەر پێویستی کرد، یاسای هەڵبژاردن گۆڕانکاریی تێدا بکرێ.

ج-هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئیئتیلافی حکومی بە بەشداریی لایەنە نیشتمانییەکانی تر پاش هەڵبژاردنی گشتیی داهاتوو و بەپێی ئەنجامەکان.

د-پێویستە بەپێی رێککەوتنەکە لە میکانیزمی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بکۆڵدرێتەوە.

ه-رێککەوتن لەسەر دامەزراندنی رێکخراوی یەکگرتوو بۆ توێژە پیشەییەکان وەکو پزیشکان، ئەندازیاران، هتد.

و-هاریکاریی نێوان هەردوو حزب و حزبەکانی دیکە بۆ خۆ بە دور گرتن لە پێکهەڵشاخان لە هەڵبژاردنەکانی ئەو رێکخراوانە و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە کەشێکی دیموکراتیداو پابەندبون بە ئەنجامەکانی.

٢-حەرام کردنی پاوانخوازی لە کاری حزبایەتی یان سەندیکایی یان پیشەیی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە شێوەیەك کە ئازادیی کاری حزبی و سەندیکایی و پیشەیی بۆ هەموان دەستەبەر بکرێت بە شێوەیەك کە ململانێ لەپێناوی کۆکردنەوەی جەماوەر بە شێوەیەکی شارستانییانە بکرێ و پێشبڕکێ بۆ خزمەتی جەماوەرو بیروڕاو دروشمی راست و دروست بێت.

٣-هاریکاری و یارمەتیدانی یەکتری لە لایەن هەردوو حزبەوە لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئەرك و لێپرسراوەتییە نیشتمانییەکان لە هەموو بوارەکاندا.

٤-قەدەغەکردنی گواستنەوەی لایەنگرە کادیرو پێشمەرگەکانی هەر لایەك بۆ لاکەی تر.

٥-پاوانخوازیی دەسەڵات لە ئاستی ناوخۆو مەرکەزی لە دەزگا حکومی و نیمچە حکومییەکان حەرام بکرێ و پەلە لە دامەزراندنی ئەو دەزگا حکومەتییانە بکرێ کە لە رێککەوتننامەی پاریس بڕیاریان لەسەر دراوە (ئەنجومەنی خزمەت، دیوانی چاودێریی دارایی، ئەنجومەنی نەخشەدانان) تاکو ئەرکەکانیان بەپێی یاسا پیادە بکەن.

٦-بوژاندنەوەی بەرەی کوردستانی و فراوان کردنی پاش دەستکاری کردنی بەرنامەکەی و بوار خۆش کردن لە بەردەمی بۆ ئەوەی رۆڵی سیاسی و راگەیاندنی جەماوەریی خۆی ببینێ.

٧-پێکهێنانی لیژنەیەکی هەماهەنگیی هاوبەش بۆ دانانی دیسپلینی دیاریکراو بۆ هەردولاو سەرپەرشتی کردنی راگەیاندن بە شێوەیەك کە خزمەتی هاوپەیمانی و برایەتی و ئەرکی تێکۆشانیان بکات، هەروەها بۆ ئەوەی راگەیاندن دور بێ لە دەمارگرتن و خراپەو ناوزڕاندن و قسە پێ گوتن و سوکایەتی پێ کردن و هەموو ئەو هۆیانە بگرێتەوە کە زیان بە پەیوەندییە هاوبەشەکان دەگەیەنن.

٨-هەماهەنگی لە بواری پەیوەندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و یەکخستنی سیاسەت و هەڵوێستی هەردولا بەپێی ئەو شێوازەی کە لە ڕێککەوتننامەی پاریس دا هاتووە.

سێیەم: دروست کردنی سەرکردایەتییەکی سیاسیی هاوبەش کە هەردوو بەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بگرێتە خۆی کە بە شێوەیەکی دەوری و بەردەوام کۆبونەوە بکات بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ڕێککەوتنەکان و سەرپەرشتی کردنی گرتنە بەری ئەو سیاسەتە هاوبەشەی لەسەری ڕێك دەکەون، هەروەها گەشەپێدان و پتەوکردنی گیانی هاوکاری و برایەتی و هاوخەباتیی هەردوو حزب بە بەردەوامی و سەرپەرشتی کردنی بەجێهێنانی ئەرکە نیشتمانییە هاوبەشەکان و پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان.

چوارەم: پابەندبون بە ڕێککەوتننامەی پاریس تا ئەو کاتەی لە لایەن کاك مەسعود و مام جەلالەوە ئیمزا دەکرێ.

پێنجەم: کارکردنی جیددی بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی پاریس بە شێوەیەکی تەواوو تا هەموی جێبەجێ دەکرێ، دەبێ هەردولا ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن:

١-هەماهەنگی لە نێوان سەرکردایەتیی هێزەکانی پێشمەرگەی هەردوو حزب و ئاراستەکردنیان بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمن بۆ پاراستنی سنوری هەرێم و پەروەردەکردنی پێشمەرگە بە گیانی برایەتی و هاوکاری بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان دژی دوژمنان.

٢-بەرە بەرە گەڕاندنەوەی میلیشیاکان بۆ کارەکانی پێشوو و پیشە ئەسڵییەکانیان.

٣-دورخستنەوەی هێزەکان لە شارو سەر ڕێگا گشتییەکان و کۆکردنەوەیان لەو ناوچانەی کە تەنیا بۆ بەرگری کردن پێویستن.

شەشەم: یارمەتیدانی خێزانی شەهیدان.

ڕێزلێنانی شەهیدان و یارمەتیدانی خێزانەکانیان ئامانجێکی سەرەکیی هەردوو حزب و هێزە نیشتمانییەکانی کوردستانە بە گشتی. بۆیە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بڕیار درا یارمەتیی خێزانی شەهیدەکان بدرێ بە شێوەیەکی بەردەوام:

١-دیاریکردنی یارمەتیی خێزانی شەهیدەکان لەسەر بنچینەی پیادەکردنی یاساو پەیڕەوە پەیوەندیدارەکان بە مەرجێك مانگانە ٥٠٠ دینار بدرێت بە خێزانی هەر شەهیدێك تا ئەو کاتەی معامەلەی شەهیدانەیان بە گوێرەی ئەوەی لە پێشدا باس کرا ڕێك دەخرێ.

٢-پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی پارێزگارو ئەندامێتیی جێگرەکەی و لێپرساوی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرساوی مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ لێوردبونەوەی ئەوەی کە بەپێی قەسامە شەرعییەکانیان لە هەموو پارێزگاکان بڕیاری لەسەر دەدرێ.

٣-پێویستە معامەلەی شەهیدان ئەوپەڕەکەی لە ماوەی ٣ مانگ جێبەجێ بکرێ پاش واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە.

حەوتەم: سەقامگیرکردنی بنەماکانی یاسادانان و جێبەجێ کردنی لەسەر بنچینەی دیموکراتییانە و شارستانییانەی هاوچەرخ، دور لە ململانێی تەسکی حزبایەتی و ئیزدواجیەتی پێوەرەکان.

١-هەردوو حزب لەسەر هەماهەنگی و هاوکاریی تەواوی نێوان سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ڕێککەوتون، بە شێوەیەك کە هەموو بڕیارە گرنگ و بنچینەییەکان بە ڕەزامەندیی هەردولا بێ.

٢-بریکاری وەزارەت دەبێ پسپۆڕو شارەزا بێت و وەزیر خۆی دەسەڵاتەکانی دیاری دەکات.

هەشتەم: دانانی ستراتیجێکی گشتی بۆ هەرێمی

کوردستان کە هەموو لایەنە سیاسی و ئابوری و یاساییەکان و گەشەپێدان و پەیوەندیی کوردستان بە دەوڵەتی مەرکەزی و دەوڵەتانی ئیقلیمی و جیهان بگرێتەوە، هەروەها هەنگاو هەڵهێنانی پێویست بۆ چاك کردنی گوزەرانی هاووڵاتییان و سازدانەوەی کشتوکاڵ و سەرلەنوێ بەگەڕخستنەوەی کارگەو کێڵگەکانی پەلەوەرو دامەزراوە کشتوکاڵییەکان و هەوڵی هاوبەشی هەردولا بۆ زێدەترکردنی یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان و ئاراستەکردنی ئەوەی کە بڕیاری لەسەر دراوە بۆ گەشەپێدان و بوژاندنەوەی ژێرخانی کۆمەڵگای کوردستان و دەرهێنانی نەوت و سامانە کانزاییەکان لە هەرێم.

نۆیەم: سازدانی هەڵمەتێکی سیاسی و راگەیاندنی فراوان بۆ رونکردنەوەی حەقیقەتی فیدرالیەت بەو شێوەیەی کە ئێمە دەیخوازین کە پێچەوانەی جیابونەوەیەو یەکێتیی عیراق و سەروەرییە نیشتمانییەکەی پتەو دەکاو هەردولا جەخت لەسەر یەکێتیی عیراق دەکەنەوە. هەروەها رەتکردنەوەی پڕوپاگەندە شۆڤێنییەکان کە دەڵێن فیدرالیەت هەنگاوێکە بۆ دابەشکردن و جیابونەوە.

دەیەم: تا ئەو کاتەی هەردوو دەزگای زانیاری و رێکخستنی تایبەت یەکدەخرێن و دەدرێنە حکومەتی هەرێم، ئەوا:

أ-هاوکاری و یارمەتی لە نێوان لێپرسراوانی هەردوو دەزگا دەمێنێت.

ب- قەدەغەکردنی چالاکییەکانی هەردوو دەزگا لە دژی یەکترو دژی هەموو هێزە سیاسییەکان.

ج-هەردوو دەزگا هەوڵەکانیان لە دژی دوژمنان و تێکدەرە بەکرێگیراوەکانیان بەکار دێنن و هەوڵی ئاشکراکردنی تۆڕە جاسوسییەکان و پیلانەکانیان دەدەن.

د-تیرۆرو تەقاندنەوەو جاسوسی و کاری تێکدەرانەو جاسوسییانە حەرام دەکرێن و نەفرەتیان لێ دەکرێ.

یانزەهەم: هەردولا هەڵوێستیان لە کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراق (INC)و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی کۆنگرە یەك هەڵوێست دەبێت. هەروەها هەڵوێستی یەکگرتوویان بەرامبەر بە هەوڵەکانی روخاندنی دیکتاتۆریەت و دانانی ئەلتەرناتیڤێکی دیموکراتی پەرلەمانی دەبێت.

دوانزەهەم: چەسپاندنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی تورکمان و ئاشورییەکانی هەرێم.

سیانزەهەم: ئەم هاوپەیمانییە بەردەوام دەبێ و هەردولا لانی کەم تا کۆتایی ئەم سەدەیە کار بەم رێککەوتننامەیە دەکەن.

چواردەهەم: ئیلتیزام بەم رێککەوتننامەیەو بە رێککەوتنی ستراتیجی دەکرێ، تەنیا ئەو بڕگانەی لێ بترازێ کە لەگەڵ ئەم رێککەوتنە ناکۆکن.

جەلال تاڵەبانی

سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

مەسعود بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

## پاشکۆی ژمارە ٢

## سەروتاری رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەربارەی رێککەوتنی برایەتی و هاوکاری

دوێنێ ئێوارە بە ئامادەبونی هەڤاڵان مام جەلال و کاك مەسعود بارزانی رێککەوتنێکی گرنگ، پەیمانی برایەتی و هاوکاری لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان مۆر کرا.

ئەم رێککەوتنە پاش راچڵەکین و رابون لە دژی شەڕی ناوخۆی خۆکوژی، پاش زیانی زۆر گەورە

که لە هەردولاو لە گەلەکەمان کەوت، پاش دەیان سەعات کۆبونەوەو قسەکردن لە ماوەی ٢٥ی ئەیلولەوە تا ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤، کۆبونەوە لەسەر کارەسات و شوێنەوارەکەی، لەسەر هەنگاوە پێویستەکانی سڕینەوەی پاشماوەکانی، لەسەر هەلومەرجی ناسکی کوردو ئەزمونەکەی، لەمەڕ ڕێوشوێنی بنبڕکردنی شەڕو ئاژاوەی نێوان هەردولاو ناو لایەنەکانی کوردستان و ئەرکەکانمان، هاتە دی.

بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە ویستی هەردولای بۆ بەرنامەی ئایندەو ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوانیان گرتە خۆی.

ئەم ڕێککەوتنەو جێبەجێ کردنی:

-شەڕی ناوخۆو یەکتر کوشتن حەرام دەکا.

-برایەتی و هاوکاری دەخاتە جێگەی شەڕو ململانێی نابەجێ.

-بنچینەکانی پەیوەندی لەگەڵ گەلان و دەوڵەتانی دراوسێ دادەڕێژێ.

-هەڵوێست لە ڕژێمی عیراق ڕۆشنتر یەك دەخا.

-نەخشەی بەهێزکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دادەڕێژێ، بنکەی دیموکراتیی حکومەت فراوانتر دەکاو هاوکاریی هێزە سیاسییەکان گەرمتر دەکا.

-ڕێوشوێنی چەسپاندنی دەسەڵاتی یاسا باشتر دادەڕێژێ.

-کۆسپەکانی بەردەمی کارکردنی وەزارەتەکان زیاتر رادەماڵێ.

-زیاتر کۆنترۆڵی داهاتی کوردستان دەکا.

-هێزو توانای هەموو لایەنەکان و حکومەتی هەرێم ئاراستەی ئاوەدان کردنەوەو چارەسەرکردنی باری گرانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی دەکا.

-زۆر گرنگی بە چەسپاندنی هێمنی و ئارامی و ئاسایشی سەرو ماڵی هاوولاتییان دەکا.

-تواناو هێزی هەردولا ئاراستەی پاراستنی ئەمنی هەرێمی کوردستان دەکا.

-پەیوەندیی نێوان جولانەوەی کوردو جوڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراق بەتینتر دەکا.

-سەرکردایەتییەکی سیاسیی هاوبەش دادەمەزرێنێ.

لەوانەش گرنگتر دەیەوێ دۆخێکی ئەوتۆ ساز بکا کە یەکێتی و پارتی چیتر هەوێی یەکتر نەبن، بواری مونافەسەی نابەجێی نێوانیان بە تەواوی تەسك بکاتەوە، مونافەسە بخاتە بواری خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەشەپێدانی باری سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کوردستانی عیراق.

بەمجۆرە، ڕێککەوتنی هەمەلایەنەی وەها لە نێوان یەکێتی و پارتیدا نمونەی کەمە. ئەگەر بێت و هەردولا سەرکەوتوو بن لە خۆشکردنی زەمینەیەکی لەبارتر بۆ برایەتی و هاوکاری و جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە، ئەوا دەتوانین دڵنیا بین کە مەسەلەی گەلەکەمان و ئەزمونەکەی لە دەستی ئەمین دایەو بە ئەنجامێکی باش دەگا. ئەوە جگە لە هاوکاری و برایەتیی هەموو لایەنەکانی کوردستان و هێزە نیشتمانی و دیموکراتەکانی عیراق، کاری جیدیی سەرکردایەتی و کادیرو فەرماندە و تێکۆشەرانی هەردولای دەوێ. بۆیە دەبێ:

-بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود بارزانی چاودێری پاراستن و گەشەپێدانی ئەو برایەتی و هاوکارییە بن و زۆرتر پێکەوە کار بکەن و لە یەکتر نزیکتر بن و زیاتر لە جاران راوێژ لەگەڵ یەکتر بکەن.

-مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی هەردولا، بە گیانی هەست کردن بە مەسئولیەت، سەرتاسەری ڕێکخستن و پێشمەرگەو تێکۆشەرەکانی خۆیان بۆ سەرخستنی پرۆسەی برایەتی و هاوکاری و بەو گیانە پەروەردەو ئاراستە بکەن.

-مەکتەبی سیاسیی هەردولا، مەڵبەندەکان و لقەکان کۆبونەوە بە هەموو تێکۆشەرانی خۆیان بکەن و بە راستی و پڕ بە دڵ ئەو گیانە تازەیەو ئەرکەکانیان لێ حاڵی بکەن و بە دەنگی بڵندو بێ پێچ و پەنا لە هەموو لێپرسراوو تێکۆشەرێك بگەیەنن کە هەرگیز رێگە نادرێ ئەم رێککەوتنە ببێ بە قوربانی، بەڵکو ئەوەی دژی بوەستێ، دەبێ بە قوربانی.

-کێشەو گیروگرفتەکان، بە رێگەی سیاسی و بە هاوکاری، چارەسەر بکرێن و بوار بە تەنینەوەو شێواندن نەدرێ.

-سەرکردایەتیی سیاسی (کە لە هەڤاڵان مام جەلال و کاك مەسعود بارزانی و هەردوو مەکتەبی سیاسی پێك هاتووە) زوو زوو کۆ ببێتەوە، هەوڵ بدا لەسەر حکومەت، ئەندامانی، ئاڵوگۆڕەکانی پێکەوە، بە تەفاهوم و برایەتی روو لە بەهێزکردن بیروڕا بگۆڕێتەوەو بواری کەڵەکەبونی گیروگرفتەکان نەدا.

-تیرۆرکردن، واتە غافڵکوژیی تێکۆشەری یەکترو ئەم و ئەو، حەرام بکرێ و بە هیچ شێوەیەك بواری پێ نەدرێ.

-دەبێ راگەیاندنی هەردولای یەکتر گەورە بکەن، گیانی برایەتی و هاوکاری بنوێنن، راستییەکان بە زمانی گوڵ و بۆ بەهێزکردنی هەردولای ئەزمونەکەمان باس بکەن و بوار بە زمانی زبری ناحەزانە نەدەن و رەخنەگرتن نەکەنە خەنجەر بۆ بریندارکردنی یەکتری.

ئێمە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم رێککەوتنە بەرزتر لە هەموو بەرژەوەندییەکی حزبی و تاکەکەسی رادەگرین و بە هیوایین سەردەمێکی نوێی برایەتی و هاوکاری بخاتەوەو پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان قوڵتر بکاتەوەو بۆ پێشەوە دەست لە ناو دەست بین.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (١٩٩٤/١١/٢٢).

## پاشکۆی ژمارە ٣

### لە پەراوێزی دوا رێککەوتننامەی ستراتیجیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا

**نوسینی: نەوشیروان مستەفا**

بەڕێزان ئەندامانی دەزگای ناوەندیی راگەیاندن

بەڕێزان کاربەدەستانی:

تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان

رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان

رۆژنامەی کوردستانی نوێ

هەفتەنامەی ئیتتیحاد

پاش دەیان کۆبونەوەو دەیان سەعات گفتوگۆی پڕ لە مشتومڕی دوقۆڵیی هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێرو سەلاحەددین و پاریس، گەڵاڵەی رێککەوتننامەیەکی نوێ ئامادە کرا.

رۆژی ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤ بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە باتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەڕێز مەسعود بارزانی لەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان رێککەوتننامەکەیان لە بەردەمی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی و وەزیرەکانی کابینەی دووەم و نوێنەرانی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (INC) و هەندێ لایەن و کەسی تر ئیمزا کرد.

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان رێککەوتننامەکەی پەسند کرد. هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و بزوتنەوەی ئیسلامی و ئەنجومەنی عیراق پیرۆزباییان لێ کرد، بە خۆشییەوە چونکە ئومێدەوار بون کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بهێنێ، بە گومانەوە چونکە دەترسان چارەنوسی

ئەمیش لەوانی تر بەختیارتر نەبێ.

بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنەش بە دەردی ئەوانی تر نەچێ، گەرەکمە لە پەراوێزی ئەم ڕێککەوتنەدا هەندێ بیرو بۆچون دەر ببڕم. ئەمە بە تەنیا بیرو بۆچونی خۆم نیە، هی تاقمێ لە سەرکردەو کادیرو ئەندامی یەکێتیی نیشتمانی و کەسانی ناحزبیيە کە پێکەوە لە مینبەرێك دان، مینبەری دیفاع لە دەستکەوتەکانی گەلی کورد دژی هەڵپەو دەستدرێژیی خۆپەرست و کۆنە خائین.

بە بیانوی ئەوەی کە پەیوەندیی هەردوو ڕێکخراو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، گرژیی تێ نەکەوێ و جەوی سیاسیی کوردستان نەئاڵۆزێ و نەشێوێ، زۆر جار سەرکردایەتیی هەردولا لەسەر ئەوە پێك هاتون کە بە ئاشکراو لە ناو دەزگا گشتییەکانی ڕاگەیاندندا باسی کەموکوڕییەکانی یەکتری نەکەن، بەڵکو لە کۆبونەوەی دوقۆڵی ڕەخنە لە یەکتری بگرن.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرتر پێڕەوی لەم سیاسەتە کردووە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەندە گوێی نەداوەتێ، هەر کاتێ دەنگ کردن بە قازانجی بووبێ هاتۆتە دەنگ و چی ویستبێ بۆ شکاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردەکانی وتویەتی، تەنانەت گەیاندویەتییە موهاتەرات و جنێودان و بوختان هەڵبەستن. لە دەرەوەی کوردستانیش درێخیی نەکردووە، لە هەر کۆڕو کۆمەڵێکدا، لای هەر ڕۆژنامەوان و سیاسی و کاربەدەستێك هەلێکی بۆ هەڵکەوتبێ، چڕنوکی خۆی گرتووە.

سیاسەتی دێزە بەدەرخۆنە کردنی ڕاستییەکان هۆیەکی سەرەکیی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بووە. کەڵەکەبون گلەیی و گازاندە لە یەکتری، سەرەنجام بوو بەهۆی تەقینەوە. ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بۆ کۆمەلانی خەڵك، بەڵام دور لە مەبەستی فیتنە هەڵگیرساندن و دور لە موهاتەراتی شەخسی، یارمەتیی خەڵك دەدا بیروڕای گشتی دەربارەی کاری باش و کاری خراپ دروست بکات. یارمەتیی حزبەکانیش دەدا بۆ ئەوەی بە کارەکانی خۆیاندا بچنەوە، ئەگەر چەوتییەك قەوما بێ ڕاستی بکەنەوە.

شاردنەوەی ڕاستی لە خەڵك زەرەر لە ڕەوتی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکەو چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش دەدات و چاوپۆشین لە کاری چەوتی یەکتری، سەرلەنوێ زەمینەی شەڕ خۆش دەکاتەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە تکام وایە هەموتان بوارم بدەن چەند ڕاستییەك ڕون بکەمەوە، ئەگەرچی لەگەڵ سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەزگای ڕاگەیاندنیش نەگونجێ.

یەکێ لەو باشییانەی لە سەرەتاوە لە ناو یەکێتی هەبوو، نەریتی ئازادیی دەربڕینی بیرو بۆچونی جیاوازو لەیەکنەچوو بوو. لە سەرەتاوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دامەزرا، لە ٣ ڕێکخستن پێك هاتبوو، هەر یەکێکیان ڕێکخستن و سەرکردایەتی و ئۆرگانی تایبەتی خۆی هەبوو. هەر سێ ڕێکخستن دەیانتوانی، بە ئازادی، بیرو بۆچونی خۆیان بە قسە لە کۆبونەوەی فراوانداو بە نوسین لە بڵاوکراوەکانیاندا دەرببڕن. پێگەیشتن و گەشەکردنی شێنەیی ژیانی ناوخۆی یەکێتی، سەرەنجام ئەو سێ ڕێکخستنەی کرد بە دووان و دواتر بە یەکێك، ئەویش ئەو یەکێتییەی ئێستایە. ئەوی من لە بیرم مابێ، لە کۆنگرەی گشتیدا (کۆنگرەی یەکەم) سەرلەنوێ پێ داگیرایەوە لەسەر سەلماندنی نەریتی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، تەنانەت هەبونی مینبەری جیاواز. بۆیە داواتان لێ دەکەم سەبارەت بەم مافەی هەر ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەیەتی ڕێزداری بنوێنن، سەرەڕای ئەوەش کە کاتی خۆی

ڕۆژنامەی کوردستانی نویێ لە ناو سەدان نوسەرو ڕۆژنامەنوسی گەنج و پیردا، بەندەیان لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا هەڵبژاردو ئەو کارتی ڕێزلێنانەیان بۆ نارد، ئەویش «نیشانە بە دەوری دیاری لە بڵاوکردنەوەی پەیڤی ڕەسەنی کورددا».

ئەم پێشەکییەم بۆیە بۆ نوسین بۆ ئەوەی مقەستی ڕەقیب نەخەنە مل نوسینەکان. دیارە ئەمجارەش وەك جاری تر نەمتوانیوە ئەمانە بکەم بە رای ڕەسمیی یەکێتی. وەکو هەندێ کەس وتویانە. بۆیە بە ناوی خۆمەوەو لەسەر مەسئولیەتی خۆم دەینوسم. لێرەدا دوو نمونەتان لەسەر بیروڕای خۆم کە نەمتوانی بیانکەم بە رای ڕەسمی بۆ دەنوسم:

یەکەمیان، لە سەردەمی حوکمڕانیی بەرەی کوردستانی، هەموو لەبیرتانە چ پاشاگەردانییەك بوو. پێشنیارم بۆ هاوڕێکانم کرد وەکو دەربڕینی ناڕەزایی لە باری گشتیی وڵات و وەکو گوشارێك بۆ چاککردنی هەلومەرجی ناڕێکی ئەو کاتە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندامێتیی خۆی لە بەرە رابگرێ و لەو لیژنانە بکشێتەوە کە حوکمی شارەکانی کوردستانیان بە دەست بوو، بۆ ئەوەی یەکێتی نەبێ بە هاوبەشی بەرە لە هەڵگرتنی ئۆباڵی ئەو ناڕێکییەدا. جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیارە زەرەری لە زۆر کادیرو ئەندامی یەکێتی دەداو لەو ئیمتیازاتانەی ئەوسا هەیانبوو بێبەشی دەکردن. پێشنیارەکەم سەری نەگرت. منیش بێدەنگ بوم.

دووەمیان دوای پێکهێنانی کابینەی یەکەم و هی دووەمیش، کە کارەکانی حکومەت و خەڵك رادەوەستان بە هۆی وەکیەکیی وەزیرو وەکیل و سەرەتای نیوە بە نیوە، پێشنیارم بۆ هاوڕێکانم کرد یەکێتی لە حوکم بکشێتەوە، حوکم تەسلیمی پارتی بکات و یەکێتی ببێتە موعارەزەیەکی ئیجابی. جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیارەش زەرەری لە زۆر کادیرو ئەندامی یەکێتی دەدا، بێبەشی دەکردن لەو ئیمتیازاتەی هەیانبوو. پێشنیارەکەم سەری نەگرت. منیش بێدەنگ بوم.

تەجروبە سەلماندویەتی و ساغی کردوەتەوە بێدەنگبون هەموو جارێ باش نیە. بۆیە ئەمجارە بە پێویستی دەزانم، گەرماو گەرم، برێ لە بیرو بۆچونەکانی خۆم و هاوڕێکانم دەربڕم. لەمەش مەبەست خۆشکردنی ئاگری ناکۆکی و شەڕ نیە، بەڵکو بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکەیە، کە من خۆم هەوڵێکی زۆرم داوە بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکەکەی و داڕشتن و بەستن و ئیمزاکردنی.

لەگەڵ سوپاس و ڕێزی بێ ئەندازەی نەوشیروان مستەفا.

*****

پارتی بۆچی هێزەکانی خۆی زۆرتر دەکا؟

لە سەردەمێکدا کە جەنگی عیراق- ئێران و جەنگی کورد- بەعس لە کایەدا بوو، کوردستان بوو بوە سەربازگەیەکی گەورە. هەر کەسەو بە جۆرێ چەکدار بوو. بەشێکی، بە ناوی جیاجیاوە، لە ڕیزی هێزە چەکدارەکانی عیراقدا بوو، بەشێکیشی لە ڕیزی هێزە چەکدارەکانی حزبە کوردییەکاندا بوو. لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا چەکدارەکان، ئەوانەی لەگەڵ بەعس بون و ئەوانەی لەگەڵ حزبە کوردییەکان بون، هەموو تێکەڵاو بون. سەدان بارەگای چەکدار بە ناوی حزبەکانەوە لە شەقام و کۆڵانی شارو ئۆردوگاکان کرانەوە. هەبون و هەڵگرتنی چەك، بە سوك و ناوەنجی و قورسەوە، بوو بە شتێکی ئاسایی. لەبەر ئەوەی لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی خەریکی شتی تر بون، نەپرژانە سەر ئەوەی ڕێوشوێنی لەبارو گونجاو بۆ ڕێکخستنەوەی چەکدارەکان و بەکارهێنانی چەکەکان بۆ پارێزگاریی نیشتمان لە هێرشی چاوەڕوانکراوی دوژمن دابنێن.

لە دوای ڕاپەڕینەوە پێشمەرگایەتی بە مانا

پیرۆزەکەی ئیتر تەواو بوو. ئەوانەی چەکیان پێ بوو دەبوو پێیان بڵێن چەکدار، چونکە ڕەوا نەبوو ناوی پێشمەرگە لەو چەکدارانە بنرێ. هەر حزبێك هەوڵی دەدا بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی چەکدار بە ناوی پێشمەرگەوە. لەو ململانێیەدا بۆ ڕاکێشانی خەڵك، هیچ پێوانەیەکی شۆڕشگێڕانە یان نیشتمانی یان ئەخلاقی لێك نەدەدرایەوە.

دیاردەی چەکداری لەبەر چاوی خەڵك ناشیرین بوو. خەڵك تینیان بۆ هەموو لایەنەکان دەهێنا کە چارەسەری ئەو دیاردە ناشیرینە بکەن. هەڵبژاردنی گشتی بوو، ئەنجومەنی نیشتمانی و یەکەمین کابینە دامەزران.

سەرکردایەتیی هەردوو حزب لەسەر پێکهێنانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو دیاری کردنی ڕێوشوێنەکانی هەبون و هەڵگرتنی چەك پێك هاتن. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان قانونی بۆ هەموو ئەمانە دانا. بەڵام لەباتی ئەوەی ئەمانە جێگەی خۆیان بگرن، وەزارەتی پێشمەرگە هەڵوەشایەوە، سوپای یەکگرتوی هەردوو حزب لە یەکتری جیا بونەوەو کەوتنە شەڕەوە. قانونی هەبون و هەڵگرتنی چەك کاری پێ نەکرا. بۆچی کەس ناپرسێ ئەمانە بۆ سەریان نەگرت؟ ئایا کورد پێویستی بە هێزی چەکدار نیە؟

پارتی بە ئاشکرا لەبەرچاوی خەڵك نەیدەتوانی دژی ئەم هەنگاوە شارستانییانە ڕابوەستێ، بەڵام هەوڵی دەدا کۆسپ بهێنێتە ڕێگای جێبەجێ کردنیان، تەگەرەی لێ دەدان بۆ ئەوەی سەرکەوتوو نەبێ و سەر نەگرێ، چونکە پارتی نەیدەویست هێزی پارێزگاری نیشتمان، کە دڵسۆز دەبوو بۆ گەلی کوردو خاکی کوردستان نەك بۆ حزب و سەرکردە، دروست ببێ بەڵکو دەیویست میلیشیاکەی خۆی بهێڵێتەوەو زیادتری بکا.

لێرەدا بەبیرهێنانەوەی ئەمە شتێکی پێویستە چونکە تەجروبەیەکی تازەی ڕێکخستنەوەی هێزە چەکدارەکانی کوردستان لە بەردەم دایە، بۆ ئەوەی پارتی نەتوانێ ئەوەش وەکو ئەوەی پێشوو لەبار ببات هەر وەکو سەرگرتن و سەرکەوتنی ئەوانی پێشوو دەبون بە دەستکەوتی باش بۆ گەل. سەرگرتنی ئەمیش دەبێتە دەستکەوتێکی گرنگی خەڵك.

بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی پاریس، دەبێ تەجنیدی ئیجباری بکرێ. بەو سەربازانەی کە لەو مەڵبەندانەوە کۆ دەکرێنەوە، سەرلەنوێ هێزەکانی لەشکرو پۆلیس و ئاسایش دروست بکرێنەوە بۆ پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان و ئاسایشی سەر و سامانی دانیشتوان. ئەم هێزانە دەبێ دڵسۆزی نیشتمان بن و لە ژێر فەرمانی حکومەتی هەرێم بن نەك لە ژێر فەرمانی ئەم حزب یان ئەو حزب. شان بە شانی ئەمە، دەبێ ژمارەی پێشمەرگە کەم بکرێتەوەو میلیشیای حزبەکان هەڵبوەشێنرێتەوەو بۆ ئەوەی توشی بێکاری نەبن، دەبێ گوزەرانیان دابین بکرێ.

لە دوا ڕێککەوتننامەدا دیسانەوە پێ لەسەر جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی پاریس داگیراوەتەوە. هەروەها هەردولا لەسەر ئەوە پێك هاتون کە ژمارەی چەکدارەکانیان تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ بۆ ١٥ هەزار کەم بکەنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، پارتی لە دوای هاتنەوەی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، کەوتۆتەوە هەوڵی دروست کردنی دەیان فەوجی کۆماندۆی نوێ، لە هەندێ شوێن لە نۆکەرە دڵسۆزەکانی ڕژێم، تەنانەت یەکێکیان بە شانازییەوە وتبوی هەر چی تەزکیەی سوارەیی نەهێنێ وەرناگیرێ. لە دوای ئیمزاکردنی دوا ڕێککەوتن، پارتی تازە بڕیاری دامەزراندنی کۆلێجی جەنگیی داوە.

جا ئەگەر پارتی بە تەمای سەپاندنی شەڕ نیە

بەسەر یەکێتیدا، بۆچی تازە بە تازە، دوای ئیمزاکردنی پەیمانی ستراتیجی تا ساڵی ٢٠٠٠، لەباتی ئەوەی هێزەکانی کەم بکاتەوە، هێزەکانی زۆرتر دەکات و کۆلیجی جەنگ دادەمەزرێنێ؟ لەباتی ئەوەی بە هاوکاریی لاکانی تر مشوری کردنەوەی مەڵبەندی تەجنیدی ئیجباری بخوا، بۆ ئەوەی ناوکی هێزی دڵسۆزو بە فەرمانی حکومەتی هەرێم دابمەزرێ، خەریکی کۆکردنەوەی هێزی بەکرێگیراوی دڵسۆزی خۆیەتی؟

****

پارتی بۆچی ئینتیقائی سەیری رێککەوتننامەکان دەکا؟

هەموو جارو لە هەموو کۆبونەوە هاوبەشەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسیدا، هەر چەند باس لە ئاسایی کردنەوە دەکرا، دەوترا ئاسایی کردنەوە دەبێ «کامل و شامل» و «لە هەموو ئاستەکاندا بێ»، واتە ئاستی سیاسی، پێشمەرگەیی، بەڕێوەبەرایەتی و دەبێ ئاسایی کردنەوە لە زاخۆوە هەتا کفری وەکو یەك بکرێ. نابێ هیچ جێگایەکی لێ ببوێردرێ و هیچ مەسەلەیەکی لێ دەربهێنرێ. نابێ هیچ لایەك رێگا بەوی تر بدات بە شێوەیەکی «ئینتیقائی« سەیری بەندەکانی رێککەوتننامەکان بکا. کامی بە قازانج بوو جێبەجێی بکاو چی بە دڵ نەبوو پشت گوێی بخا.

ئەمانە سەرەتای گشتی بون کە زۆرتر نوێنەرانی پارتی پێیان لەسەر دادەگرت و دەیانوتەوە. کەچی ئێستا خۆیان وا رەفتار دەکەن کامی بە قازانجیانە پێی لەسەر دادەگرن و هەر چییەکیشی بە قازانجیان نیە جێبەجێ ناکەن.

هەر لە سەرەتاوە تەشەنەی ئاگری شەڕ لەسەر بادینان بوو. پارتی مەبەستی بوو ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك ئاسایی بکرێنەوە، چونکە بادینان لە مرۆدا گەروی کوردستانی عیراقە. بەڕێز جەلال تاڵەبانی و هاوڕێکانی، سەرانی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق، بە تەعبیری رونکردنەوەی قسەکەری بەڕێزی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی (یەکگرتوی) کوردستان لە سوریا کە «چەقی» بون، لەسەر ئەوە نەبوو تورك رێگای پێ نەدەدان، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو هێزی چەکداری پارتی بادینانی داگیر کردبوو، ئازادیی هاتوچۆ تەنیا بۆ ئەوانە هەبوو کە پارتی رێگای پێ دەدان. بەڵێ لەسەر سنوری بادینان راوەستا بون، چاوەڕوانی بەجێهێنانی بەڵێنەکەی بەڕێز مەسعود بارزانییان دەکرد. گەشتێکی هاوبەشی ئەوسای بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی لە بادینانەوە تا گەرمیان هەر ئەو کاتە دەیتوانی کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێ. کاتێك بەڕێز بارزانی نەیتوانی بەڵێنەکەی جێبەجێ بکا، ئینجا بە هەلیکۆپتەری تورکی بە ئاسمانی بادیناندا گەڕانەوە.

بە ڕیشی کێ رەوایە تاڵەبانییەك هەموو تەمەنی لە رێگای بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاددا بەخت کردبێ و سەرکردەی گەورەترین هێزی سیاسی و پێشمەرگەیی کوردستانی عیراق بێ، نەتوانێ، بە ئازادی، بە ناو بادینانی ئازاددا بگەڕێتەوە بۆ بارەگاکەی خۆی لە هەولێر بۆ ئەوەی ئاوی کوژاندنەوەی یەکجارەکی بکا بە ئاگری کلپەسەندوی شەڕی ناوخۆدا؟ ئەوە بوو بە گەیشتنەوەی، بڕیاری راگرتنی یەکلایەنەی شەڕی داو بڕیاری کێشانەوەی یەکلایەنەی هێزەکانی یەکێتیی دا. ئەوانەی پێیان وا بوو یەکێتی لە ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجی سلێمانیدا خاوی دەنوێنێ، رەنگە ئێستا بۆیان دەرکەوتبێ کە یەکێتی لەسەر هەق بووە، کاتێ داوای ئاسایی کردنەوەی سەرانسەری و گشتلایەنیی کردبێ، چونکە بەو شارەزاییەی کە یەکێتی پەیدای کردبوو لە پارتی، دڵنیا بوو لەوەی پارتی ئینتیقائی سەیری رێککەوتن و ئاساییکردنەوە

دەكات. بایی ئەوەندە ڕێزی پەیمان و بەڵێن و گفتەكانی دەگرێ كە سودی تایبەتی خۆی تێدایە.

ئێستاش دوای ئاسایی كردنەوەی هەلومەرجی سلێمانی و كەركوك، پارتی لە بادینان هێشتا هیچ هەنگاوێكی جیددیی بۆ چارەسەركردنی كێشە سەرەكییەكانی نێوان یەكێتی و پارتی نەناوە.

***

پارتی بۆچی داهاتی حكومەتی كوردستان بۆ خۆی دەبات؟

سەرچاوەكانی داهاتی حكومەتی هەرێم ئاشكرایە كامانەن. گرنگترینیان گومرگە، بەتایبەتی داهاتی گومرگی برایم خەلیل لە زاخۆ. لەسەرەتای مانگی ئایارەوە تا ئێستا، پارتی بە بیانوی هەڵگیرسانی شەڕەوە دەستی بەسەردا گرتووە، هەموو داهاتەكەی بۆ خۆی دەبات. سەرەڕای ئەمەش، بە درێژایی ئەو ماوەیە، هاوبەش بووە لە خەرج كردنی ئەو پاشەكەوتەی حكومەتی هەرێم كردبوی و لە بانكی هەرێم دانرا بوو.

ئەم كارە جگە لەوەی زەرەر لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی كورد دەدا چونكە حكومەتی هەرێم و خەڵكی كوردستان بێ بەش دەكا لە داهاتێكی گرنگی خۆی، پێچەوانەی ئەو ڕێككەوتنانەشە كە بە دوقۆڵی ئیمزا كراون.

بە گوێرەی ڕێككەوتننامەی پاریس كە دوا ڕێككەوتن تەئكیدی لەسەر پابەندبون و جێبەجێ كردنی كردووە، دەبێ هەموو داهاتەكانی گومرگ بچنە خەزێنەی حكومەتی هەرێمەوە. سەرەڕای ئەمەش دەبێ هەردوو حزب حیساباتی خۆیان پێشكەش بە حكومەت بكەن كە لە یەكی ئایارەوە تا ئێستا چەند پارەیان لە داهاتەكانی حكومەت بردووە.

هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانیش لە بڕیاری ئاسایی كردنەوەی هەلومەرجی كوردستاندا داوای گێڕانەوەی داهاتەكانی حكومەتی كردووە، لەوانە گومرگی برایم خەلیل.

خەڵك چاوەڕوانی ئەوەیە كابینەی سێهەم گوزەرانیان باش بكات. فەرمانبەرانی حكومەت بە تەمان موچەكانیان زیاد بكرێ، خانەنشینەكان بە تەمان موچەیان بدرێتێ، كەسوكاری شەهیدان بە تەمان حكومەت موچەی مانگانەیان بۆ ببڕێتەوە، كرێكار و جوتیار بە تەمان حكومەتی هەرێم پرۆژەی ئاواكردنەوەی كوردستان دابنێ و هەلی كار بۆ خەڵك بڕەخسێنێ.

پارتی بە چ هەقێك بەشێكی گرنگی داهاتی نەتەوەیی كورد بە بەرچاوی دنیاوە زەوت دەكا و حەواڵەی بانكەكانی ئەوروپا و ئەمریكا دەكا، لە كاتێكدا زۆرایەتیی گەلەكەمان لەوپەڕی هەژاری و نەداریدا دەژین؟ ئەگەر مننەتی ئەوە بەسەر كوردا دەكات لە كاتی ڕاپەڕیندا برایم خەلیلی لە دەسەڵاتی بەعس دەرهێناوە، خەڵكی بادینان لە بیریانە سەركردایەتیی كام لایەن نامەی بۆ هەموو موستەشارەكان نوسی و داوای هاوكاریی لێ كردن بۆ ڕاپەڕین. ڕادیۆی كام لایەن بوو ئیعازی دا بە شانە چەكدارەكانی بادینان بۆ ڕاپەڕین. مەسئول و هێزی پێشمەرگەی كام لایەن بوو، بۆ دڵنیاكردنی خەڵك لە پێش هێزە دودڵەكانی تردا گەیشتە دهۆك و شارەكانی تری بادینان.

لە كاتی شەڕەكاندا یەكێكیان وتبوی: یەكێتی ئەو باوكەی مرد جارێكی تر لە گومرگی برایم خەلیل بەشی بدرێ. ئەم «قسە نەستەقە» دوایی لە وتارێكدا نوسرا. وا دیارە هێشتا جۆری بیركردنەوەی سەردەمی شەڕی ناوخۆ بەسەر مێشكی هەندێ لە سەركردەكانی پارتی زاڵە. ئەمەش پێچەوانەی گیانی ڕێككەوتنەكەی ئەم دواییە بوو.

پارتی دەیەوێ خەڵكی ناوچەی سۆران هەژارتر

بـن. دەیـەوێ یەکێتی نـابـوت بـێ. بـەو پـارەیـەی کەڵەکەی کردووە، دەیەوێ خەڵکی پێ بکڕێ و هێزی تازەی پێ دابمەزرێنێ. جا ئەو خەڵکەی دەیکڕن و ئەو هێزەی دایدەمەزرێنن، بۆ سەپاندنی شەڕێکی تره بەسەر یەکێتیدا یان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووە؟ پاشەڕۆژ ئەمەیان رون دەکاتەوە.

*****

پارتی بۆچی دەیەوێ نائەمنیی بخاتە ناوچەی سۆرانەوە؟

دانیشتوانی کوردستان بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە هەواڵی ئاگربڕی شەڕی نێوان پارتی- یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی- یەکێتییان وەرگرت. ئومێدیان وا بوو کە ئیتر جارێکی تر شەڕ روناداتەوە و ئاشتی و ئاسایش دەکەوێتە وڵاتەوە.

شـەڕی بە ئاشکرا راوەسـتـا. بـەڵام لە دەوروبـەری ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی دوقۆڵیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان زنـجـیـرەیـەك تـاوانـی رێـکـخـراو دژی تێکۆشەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجام درا. ئەوە بوو لە رێگای چەمچەماڵ ٨ کەس لە بەرپرسەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان لـە بۆسەیەکی رێکخراودا بریندار کران. ئەنجامدەرانی ئەم رواداوە لە لایەن کاربەدەستانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گوێزرانەوە بۆ هەڵەبجە و داڵدە دران. هێشتا خوێنی بریندارەکانی روداوەکە وشك نەبوو بوو، لە ناو شاری هـەولـێـر زنـجـیـرەیـەك تـاوانـی رێـکـخـراوی تـر دژی تێکۆشەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجام درا. دوو پارێزەرو یەك پێشمەرگە و زانایەکی ئاینی بونە قوربانی. دوای راوەستانی شـەڕی ئاشکرای نێوان هەر سێ لایەنی سیاسی، دەبێ کێ لە پشتی ئەم شەڕە نهێنییەوە بێ دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؟

خەڵك بە هیوا بون دوای ئەو رێککەوتنە ئیتر نە شەڕی ئاشکراو نە شەڕی نهێنی نەمێنێ. بە هیوای ئەوە بون ئاسایشی سەر و سامانی هاووڵاتییان لەوانە تێکۆشەرانی حزبەکان پارێزراو بێ. هـەردوو حزب رێککەوتون لەسەر حەرام و تاوانبارکردنی کوشتنی تێکۆشەرانی یەکتری و تێکدانی کاری یەکتری و دروستکردنی کێشەو گێچەڵ بۆ یەکتری. هەردوو حزب پێك هاتون دەزگای زانیاری و رێکخستنی تایبەت تێکەڵاو بکەن. بەر لە کردنەوەی بارەگاکانی پارتی لە سلێمانی، دانیشتوانی شاری سلێمانی شایەتن چۆن ئارامی و ئاسایش راگیرا بوو، تاوان کەم بووبووەوە، کوشتن، ماڵ بڕین، رفاندنی ئوتومبیل، دیاردەی چەکداری لە رادەی نەبوودا بوو. بەڵام راستەوخۆ دوای کردنەوەی بارەگاکانی پارتی، تاوان دەستی پێ کردەوە، دزی و کوشتن و ئۆتۆمبیل رفاندن و سەرانە سەندن بونە روداوی رۆژانە.

لە هەولێر ئاسایش بە جۆرێ تێکچووە هیچ کەس لە سەر و سامانی خۆی ئەمین نیە.

جێگەی داخـە سـەرچاوە نهێنییە ئـاگـادارەکـان وا دەگەیەنن پارتی بە بەرنامە دەیـەوێ ئارامی و ئاسایشی شارەکانی نـاوچـەی سـۆران، بەتایبەتی سلێمانی و دەوروبـەری تێك بـدات، خەڵك لە ترس و پـەژارەو نائەمینیدا بژین، دەیـەوێ هەلومەرجی سلێمانیش وەکو هەولێر لێ بکا. دەیـەوێ خەڵك وا تێ بگەیەنێ کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وڵاتی پێ بەڕێوە ناچێ، ناتوانێ ئاسایشی سەر و سامانیان دابین بکات و دنیاش وا حاڵی بکات کورد توانای بەڕێوەبردنی خۆی نیە. ئەگەر وا نیە، بۆچی هاوکاریی پارێزگاری هەولێر و دەزگا حکومەتییەکان ناکەن تا هەلومەرجی ناوشاری هەولێر چاك بکەن و لە سلێمانیش هاوکاریی پارێزگار ناکەن کارەکانی ئەنجام بدات؟ هەر رۆژە بیانویەکی پێ دەگرن و هەر

دەمە هێرشێکی ناڕەوای دەکەن سەر. ئەگەر وا نیە بۆچی بەشدارانی تاوانی بۆسەی چەمچەماڵ لە باتی ئەوەی بگیرێن و بدرێن بە دادگا، لە ژێر باڵی خۆیاندا دەحەوێننەوە؟

****

پارتی بۆچی بۆتە چەتری پاراستنی پیاوخراپان؟

ساڵانی درێژی شەڕی بەعس- کورد ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی ڕێگای کوردایەتی کوژران و سەقەت بون و زەرەرمەند بون. لە بەرامبەر ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە تاوانبارانی نۆکەری بەعس دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار بون.

بێگومان لێبوردن لە رابردوو کارێکی باش و بەجێ و پێویستە. هەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بوو پێش راپەڕین لە دەنگی زوڵاڵی رادیۆکەیەوە ئاشتبونەوەی نیشتمانیی راگەیاند. داوای لە هەموان کرد بە گیانی لێبوردن لەگەڵ یەکتر رەفتار بکەن و لە هەر سەنگەرێکدا هەن هاوکاریی یەك بکەن.

جێگای داخە پارتی بە جۆرێکی خراپ کەڵکی لەم مەسەلەیە وەرگرت. بەو کارانەی کە بۆ دەستکەوتی تەسکی حزبایەتی و راکێشانی ئەندام و لایەنگر لە ٤ ساڵی رابردوودا کردی، خەریکە هەموو پێوانە نیشتمانییەکان هەڵدەگێڕێتەوە، خەریکە وا دەکات تێکۆشەری خۆبەختکەری رێگای شۆڕش و فەرماندەی مەفرەزەیەکی تەواری، بچنە یەك ریزەوە، یان پێشمەرگەیەکی شەهید و زیندانییەکی هەڵواسراوو جاسوسێکی کوژراو لە یەك لیستدا بنوسرێن.

پارتی بۆچی بێ گوێدانە هیچ پێوانەیەکی نیشتمانی داڵدەی هەموو جۆرە کەسێك دەدا؟ بە هەق و ناهەق لەسەریان دەکاتەوەو هەڵدەداتێ؟ لە ناو لەشکرو رێکخستنەکانیدا پێشیان دەخات؟ کاری گشتییان پێ دەسپێرێ؟ لە دەزگا و دائیرەکانی حکومەتدا پلەو پایەیان پێ دەدا؟

ئەم کارانە رەنگە لەگەڵ دەستکەوتی حزبی بگونجێن بەڵام بە هیچ جۆرێك لەگەڵ قازانج و دەستکەوتی نەتەوەیی ناگونجێن. پارتی بۆچی گوێ ناداتە قازانجی نەتەوەیی؟

****

پارتی بۆچی ناهێڵێ گوزەرانی خەڵك باش بکرێ؟

لەوەتەی رژێمی بەعس و دەزگا جەهەننەمییەکانی لەم وڵاتە باریان کردووە، هاووڵاتییانی کوردستان توشی تەنگوچەڵەمەیەکی کوشندەی دووسەر بون، سەرێکیان تەنگوچەڵەمەی گوزەرانە و سەرەکەی تریان تەنگوچەڵەمەی سەلامەتیی سەر و سامانە. جێگای داخە نە سەردەمی حوکمڕانیی بەرەی کوردستانی و نە سەردەمی حوکمی کابینەی دووەم نەیانتوانی ئەم تەنگوچەڵەمەیە چارەسەر بکەن یان هیچ نەبێ رێوشوێنی نەزەریی چارەسەرکردنی لەسەر کاغەز دابنێن.

هەتا کەی هاووڵاتییانی کوردستان لە ترس و پەژارەی گوزەران و ئاسایشدا بن، لە کاتێکدا خۆیان وا دادەنێن بە خەبات و راپەڕینی ئەمان دەزگا جەهەننەمییەکانی بەعس لە کوردستان راو نراون؟ ئەوانەی ئێستا سەرکردایەتییان دەکەن بە پێڵاوی لاستیکەوە گەیشتنە کوردستان، کەچی ئێستا ئەمانە لە برسان دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکانیان دەفرۆشن، ئەوانیش هەندێکیان لە شاهنشا باشتر دەژین و کوڕەکانیشیان لە کوڕەکانی قەیسەرێکی قەرنی رابردوو خۆشتر رادەبوێرن.

ئەم بێ عەدالەتییە لەبەر چی؟ بۆچی حزبەکان بە دەستی خۆیان ئازاری میللەتەکەیان دەدەن؟ بۆچی بۆ دابین کردنی ژیانێکی هەژارانە، ژن و پیاوی میللەتەکەیان بە گەنج و پیرەوە، ناچار دەکەن رێگای ناقانونی فێر بن، لە کاتێکدا سەروەت و سامانی کوردستان بەشی هەمویان دەکات کە بە سەربەرزی و

به ڕێگای قانونی بژین؟

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە سەری ڕێکخستنەکەیەوە تا شانەکانی خواری خوارەوەی، ئەم بێ عەدالەتییەی پێ خۆش نییە. ئەگەر پارەشی بە قەد پارتی لە حکومەت وەرگرتبێ، بەشی زۆری داوەتەوە بە خەڵك، بە ناوی جۆراوجۆرو بە ڕێگای جیاواز، یارمەتیی ئاواکردنەوەی سەدان مزگەوت و گوندی داوە، یارمەتیی نەخۆشخانە و زانکۆ و پەیمانگا، یارمەتیی مانگانەی سەدان خوێندکار و هەزاران ماڵە شەهید و لێقەوماوی داوە. یەکێتی لە دەیان بواری خێر و چاکەدا بە پارە بەشداریی کردووە.

ئەمەش مەیدانێکی گرنگی موونافەسەیە. ئەوان پارەکەیان بۆ خۆیان دەبەن و دەیگوێزنەوە بانکەکانی ئەوروپا و ئەمریکا یان ئەگەر شتێکیان لێ داوە بە خەڵك با ئاشکرای بکەن.

یەکێتی دەیەوێ حکومەتی مانرۆن نیزام دروست ببێ. دەرامەتی وڵات بچێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمەوە، بکرێ بە پرۆژەی باش کردنی گوزەرانی خەڵك و ئاواکردنەوەی کوردستان تەنانەت ئەو پارانەی ئێستا یەکێتی دەیاندا بە یارمەتی لە بواری جۆراوجۆردا، ئەویش هەر لە ڕێگای حکومەتەوە بدرێ.

بەڵام پارتی دەیەوێ حکومەتی میلیشیا بمێنێ. دەستکەوتی دارایی بە ئارەزوی خۆی، بێ چاودێری، چۆنی بوێ، بەکاری بهێنێ.

لەباتی ئەوەی یەکێتی و پارتی ئەو پارانە وەربگرن و هەر لایەنە بە ئارەزوی خۆی بەکاری بهێنێ، لایەك بۆ ئیستیسماری تایبەتی، لایەك بۆ کاری دیعائی، با هەردولا بۆ خزمەتی خەڵك بەکاری بهێنن.

با هەردوولا ئەم کارە بکەن، بەڵام لە ڕێگای دامودەزگای حکومەتەوە. پارە وەرگرتن، پارە خەرج کردن، لە ڕێگای دامودەزگاکانی حکومەتەوە بێ. بەڵام ڕێگری گەورە لەم ڕێگایە پارتییە.

یەکێتی لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا ئامادەیە واز لە هەموو ئیمتیازاتی خۆی بهێنێ. بۆچی پارتی گوێ ناداتە بەرژەوەندیی گشتی و ئامادە نیە واز لە هیچ ئیمتیازاتێکی خۆی بهێنێ؟

*****

پارتی بۆچی ناهێڵێ باندەکانی مافیا لە ناو ببرێن؟

بەهۆی ئەو هەموو چەکدارەوە کە لە کوردستاندا هەبووە، دوایی بە هۆی بۆشایی دەسەڵات و ئینجا ململانێی دەسەڵات، چەندین باندی چەکدار لە کوردستان تەراتێن دەکەن، تاوان دەکەن، یاسا دەشکێنن، خەڵك دەکوژن، دزی دەکەن، ئوتومبیل دەفڕێنن، سەرانە لە خەڵکی بێ خاوەن دەسێنن، مەکینە و دەمودەزگا دەکەن بەو دیو سنوردا، دەستدرێژی دەکەنە سەر بنکە سنورییەکانی گومرگ و سامانی نەتەوەیی کورد تاڵان دەکەن.

دانیشتوانی هەولێری پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ساڵە بە دەست ئەم باندانەوە دەناڵێنن. بە بەرچاوی گەورە کاربەدەستانی حکومەتەوە، دەستدرێژی دەکەنە سەر مافی هاووڵاتییان. کەچی کەس دەستیان لێ ناداو کەس ڕێگایان لێ ناگرێ.

پارتی لە پەنای ئاسایی کردنەوەدا دەیویست سلێمانیش وەکو هەولێر بخاتە ژێر حوکمی باندەکانی مافیاوە.

با پارتی و یەکێتی پێکەوە دابنیشن. هەق و حساب لەگەڵ یەکتری بکەن، ئەو باندانەی مافیا چەندیان سەر بە پارتین چەندیان سەر بە یەکێتین.

یەکێتی ڕێکخراوێکە خەبات بۆ دامەزراندنی ژیانێکی شارستانی دەکا، بۆ چەسپاندنی حکومەتی قانون تێدەکۆشێ، هەوڵ دەدا وڵاتێك دابمەزرێ مافی هەموو کەسێکی تێدا پارێزراو بێ. دەسەڵاتدار و بێ

دەسەڵات وەکو یەك ڕێزدارو پارێزراو بن. یەکێتی دژی سەرەتای حوکمڕانیی حکومەتی حزب و حکومەتی میلیشیایە. لەبەر ئەوە یەکێتی دژی باندەکانی مافیایە و داوای لەناوبردنیان دەکا.

بۆچی پارتی ناهێڵێ دەسەڵاتی حکومەت و دامودەزگا قانونییەکانی بچەسپێ بۆ ئەوەی کورد لە حوکمی میلیشیا ڕزگاری ببێ و هەموو کەس بتوانێ بێ حیمایە و پاسەوان بژی. ئەوسا باندەکانی مافیاش ناتوانن خۆیان لە ژێر چەتری سیاسیی هیچ حزبێك حەشار بدەن.

دەردە دڵ زۆرە. بەڵام جارێ با ئەوەندە بەس بێ. تکاشم لە برایانی پارتی ئەوەیە وەڵامی سیاسیی ئەم هەموو «بۆچییە سیاسییانە» بدەنەوە و پرسیارەکان و ئیتتیهامەکان لە ناو تەپوتۆزی موهاتەراتی شەخسیدا گوم نەکەن.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (١٩٩٤/١٢/٢٥).

## ڕێککەوتنی تەبایی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان کە لە ٨ی شوباتی ١٩٨٧ لە گوندی یاخسەمەری دۆڵی جافەتی لە نێوان نوێنەرانی هەردولا واژۆ کراوەو بە هۆیەوە کێشەکانی نێوانیان کۆتاییان پێ هێنراو پەیوەندییەکانیان ئاسایی بونەوە.

ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتبونەوەی گشتیدا هاتە ئاراوە. لە ساڵی ١٩٨٦دا تاڵەبانی هەوڵەکانی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جود دەست پێ کردو هەوڵیدا یەك بە یەك لە گەڵیان بگا بە سازان. لە نیساندا کۆتایی بە کێشەکانی لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان هێناو ڕێککەوتنێکی تەبایی لەگەڵدا واژۆ کرد. لە ئایاردا لەگەڵ پاسۆکیش گەیشت بە ڕێککەوتن. لە تشرینی دووەمدا، بە یارمەتیی ئێران، کۆتایی بە هەموو کێشەو ناکۆکییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هێناو لەگەڵ ئیدریس بارزانی ڕێککەوتنێکی ئاشتبونەوەی واژۆ کرد. بەڵام ئاشتبونەوەو ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان کەوتە سەرەتای ساڵی دواتر. لە کانونی دووەمی ١٩٨٧دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق پاش زنجیرەیەك کۆبونەوە لە نێوان نوێنەرانی هەردولا، گەیشتن بە ڕێککەوتن و لە شوباتدا پەیمانی ئاشتبونەوەیان واژۆ کرد. هەر ئەو مانگە، لە ئەوروپا وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان دەستی پێ کردو هەردولا هەوڵیاندا سازانێك بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان و کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکانیان و تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوانیان بێننە دی. لەناو وڵاتیش شاندێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان سەردانی یاخسەمەری کردو لەگەڵ تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆ بۆوە. پێشتر، کۆبونەوەکانی ئەوروپا کە لە نێوان هەردولا بەڕێوە چوو بون، کەشێکی گونجاویان بۆ ڕێخۆش کردن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن ساز کردبوو. بۆیە لە کۆبونەوەکانی یاخسەمەر تەگەرەیەکی ئەوتۆ نەهاتە بەر ڕێی گەیشتن بە ڕێککەوتن. لە ٨ی شوباتدا هەردولا ڕێککەوتنێکی دوقۆڵییان واژۆ کرد.

بەمجۆرە تاڵەبانی لە ماوەی دە مانگدا

پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر پێنج حزب ئاسایی کردەوەو لەگەڵ هەر یەکێکیان ڕێککەوتنێکی دوقۆڵیی واژۆ کرد. ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان واژۆ کرا، لە سێ سێکتەر پێکهاتبوو. لە سێکتەری یەکەمدا هەردولا هاوڕا بون لەسەر روخاندنی رژێمی عیراق و هێنانە کایەی رژێمێکی دیموکرات کە گەلی کورد لە سایەیدا « بە مافی چارەی خۆنوسین بگات». هەروەها هەردولا یەکڕا بون لەسەر «هێنانە دیی بەرەی کوردستانی»، هەروەك هەردولاش پشتگیریی دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانیان کرد لە عیراق کە هەموو گروپ و لایەنە سیاسییەکان بگرێتەوەو بەرەی کوردستانی تێیدا «لایەنێکی کاریگەر»بێ. هەروەها لەسەر ئەوەش ڕێك کەوتن کە کار بۆ «یەکخستنی ڕێکخراوە کوردستانییەکانی خوێندکاران و لاوان لە دەرەوەی وڵات» بکەن.

لە سێکتەری دووەمدا هەردولا لەسەر «هاوکاریی عەسکەری» ڕێك کەوتن و لەم سەروبەندەدا هاوڕا بون لەسەر «سەلماندنی ئازادیی کاری عەسکەری دژی رژێمی فاشی» لە ناوچەکانداو ئەنجامدانی «چالاکیی عەسکەریی هاوبەش».

لە سێکتەری چوارەمدا کە بۆ کاروباری میدیایی تەرخان کراوە، هەردولا رایان وا بوو کە پێویستە دام و دەزگاکانی راگەیاندنی هەردولا «بە گیانی برایەتی و ڕێککەوتن» جۆش بدرێن، لە روی تەکنیکییەوە هاوکاریی یەکتری بکەن و دەنگوباسی چالاکیی سیاسی و عەسکەریی یەکتری لە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکتری بڵاو بکەنەوە.

دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، هەردولا راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە، تێیدا بە وردەکارییەکی زۆرترەوە باسی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنە واژۆکراوەکەی نێوانیان کردو جەختیان کردەوە سەر مەسەلەی روخاندنی رژێمی عیراق و هێنانە سەر کاری حکومەتێکی نوێ لە عیراقدا «کە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم» بێ و «سەربەخۆیی گەلانی ناوچەکە» بپارێزێ. هەروەها هەردولا پاشکۆیەکیان بۆ ڕێککەوتنەکە زیاد کرد کە «بەشێك» و هەروەها «تەواوکەر» ی ڕێککەوتنەکەیە، تێیدا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە مەسەلەکانی حوکمڕانی و کۆکردنەوەی باج و گومرگ و دادگاو یەکلاکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان «وەکو خۆی دەمێنێتەوە». پاڵنەر بۆ ڕێککەوتن لەسەر ئەم خاڵە ئەوە بوو کە یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی ناکۆکی و دوبەرەکیی نێوان حزبەکان هەمیشە مەسەلەی حوکمڕانی و کاروباری باج و گومرگ بووە. هەروەها هەردولا لەسەر ئەوەش ڕێك کەوتن کە چالاکیی هێزی پێشمەرگەی هەر لایەکیان، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەر یەکێکیان، دەبێ بە راوێژ و ڕەزامەندیی لاکەی تر بێ.

دوای ئەوەی کە تاڵەبانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر پێنج حزب ئاسایی کردەوە، خولێکی تری هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی دەست پێ کردو لە ٢٢ی نیسانی ١٩٨٧دا نامەی بۆ هەر یەك لە مەسعود بارزانی، ڕەسول مامەند، ئازاد مستەفاو سامی عەبدولڕەحمان نارد، تێیدا بە شێوەیەکی فەرمی پێشنیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانیی کرد. وەڵامی هەموو لایەنەکان ئەرێنی بوو. مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە وەڵامەکەیدا پشتگیریی پێشنیارەکەی کردو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی ڕێ بۆ پێکهێنانی بەرەی عیراقی خۆش دەکات.

لە یەکەم کۆبونەوەی فراوانی نوێنەرانی حزبەکان بۆ

تاوتوێ کردنی پرۆژەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کە لە تەموزی ١٩٨٧ لە گوندی ڕاژان لە ناوچەی مەرگەوەڕ بەسترا، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بە دوو نوێنەر، سامی عەبدولڕەحمان سکرتێری حزب و عەبدولمەوجود تەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەشداریی تێدا کرد. هەروەها بەشداریی لە کۆبونەوەی دووەمیش کرد کە لە ئەیلولدا لە گوێزێ لە قەندیل بەسترا.

سامی عەبدولڕەحمان سکرتێری حزب لە بەرنامەیدا بوو کە پاش کۆبونەوەکە سەردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکاو لە گوندی یاخسەمەر چاوی بە تاڵەبانی بکەوێ. لەگەڵ تەواوبونی کۆبونەوەکەدا، ڕوی کردە ناوچەی مەرگەو لەوێ چاوی بە عومەر عەبدوڵڵا، لێپرساوی دەزگـای پێشمەرگایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەوت و دواتر لەوێوە ڕوی کردە دۆڵی جافەتی. بروسك نوری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزب، لە قەرەداغەوە خۆی گەیاندە لای سامی عەبدولڕەحمان و پێکەوە شاندێکیان بۆ سەردانی تاڵەبانی پێك هێنا. لە یاخسەمەر شاندەکە چاوی بە تاڵەبانی و ژمارەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوت. پاش زنجیرەیەك کۆبونەوە، هەردولا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە، تێیدا جەختیان کردەوە سەر «بایەخی ئاشتبونەوەی نیشتمانی و بەرەی کوردستانی» و پشتیوانییان لە «مافی چارەی خۆنوسین لەسەر بنچینەی یەکگرتنی ئارەزومەندانە» کرد، هەروەها هەردولا یەکدەنگ بون لەسەر «گرنگیی بەردەوامبونی کارکردن» بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی بەرە «لە هەموو ڕویەکەوە، ڕابەرایەتیی خەباتی گەلەکەمان بکات». هەردولاش سەبارەت بە بایەخی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕێخۆش کردن بۆ دامەزراندنی بەرەی عیراقی، هیچ ناکۆکییەك لە بۆچونەکانیاندا نەبوو، بە تایبەتی کە هەردولا پێیان وا بوو بەرەی کوردستانی دەشێ ببێ بە «دەستپێك و بنچینەیەکی پتەو» بۆ بەرەی گشتگیری عیراق بە چەشنێك کە بەرەی سەرتاسەری عیراق «ئەلتەرناتیڤی ڕاستەقینەی دیکتاتۆریای فاشیست بێ و بشتوانێ کۆمەڵانی خەڵکی سەرتاسەری عیراق بێنێتە جۆش و خرۆش».

سەردانی شاندەکەی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سامی عەبدولڕەحمان نزیکەی هەفتەیەکی خایاند، تێیدا شاندەکە، جگە لە تاڵەبانی، چاوی بە چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوت لەوانە نەوشیروان مستەفاو دکتۆر فوئاد مەعسوم و سەردانی بارەگا سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لەوانە بارەگاکانی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، چاپخانەی برایم عەزۆو نەخۆشخانەی شۆڕش لە بەرگەڵوو. دواتریش سامی عەبدولڕەحمان لە ٣٠ی ئەیلولدا سەردانی بارەگای حزبەکەی خۆی کرد لە گوندی هەڵەدن و لە ٢ی تشرینی یەکەمیش یاخسەمەری بەجێ هێشت.

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان: حزبێکە، سامی عەبدولڕەحمان، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٧٩، پاش دەرپەڕاندنی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی نۆیەم، پێکی هێناوە. لە ساڵی ١٩٨١دا لە نزیك شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا کۆنگرەی بەست و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانی تێدا دامەزراند. لەو کۆنگرەیەدا سامی عەبدولڕەحمان حزبەکەی وەك «ئەلتەرناتیڤی» پارتی دیموکراتی کوردستان ناساند، تەنانەت ناوێکی وای بۆ هەڵبژارد

که زۆر لە ناوی پارتییەوە نزیك بوو. بۆیە لە قۆناغی بەراییدا پەیوەندییەکی گرژ لە نێوان هەردولادا هاتە ئاراوە. ساڵی ١٩٨٦ بە ناوبژیوانیی هەندێ لایەنی کوردستانی و فەلەستینی و ئێرانی، پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئاسایی بونەوە. هەر ئەو ساڵە حزبەکە یەکەم کۆنفرەنسی لە ناو وڵات بەست و لە ساڵی ١٩٨٧یش بەشدار بوو لە هەوڵەکانی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و یەکێکیش بوو لە لایەنە دامەزرێنەرەکانی.

## پاشکۆی ژمارە ١

## دەقی رێککەوتنی تەبایی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

پاش بانگەوازە پیرۆزەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئاشتبونەوەی گشتی و بەدەنگەوە هاتنی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بۆ تەبایی کردن و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردولا، لە سەرەتای شوباتی ١٩٨٧دا نوێنەرانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات چەند کۆبونەوەیەکیان بەست. هاوزەمانیش وەفدێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان سەردانێکی بارەگاکانی یەکێتییان کرد لە گوندی یاخسەمەر (لە دۆڵی جافایەتی)و چاویان بەهەڤاڵ مام جەلال کەوت.

هەردولا بە دورو درێژی دوان لەسەر باری سیاسیی کوردستان و عیراق و ناوچەکەو دۆزینەوەی زەمینەی خەباتی هاوبەش و بەعەمەلی کردنی ئەو بانگەوازە، لەپێناوی روخاندنی رژێمی فاشیستی عەفلەقی و هێنانە کایەی رژێمێکی دیموکرات کە لە سایەیدا گەلی کورد بە مافی چارەی خۆنوسین شاد بێت.

بۆ بنەبڕکردنی شەڕی ناوخۆ بە یەکجاری، بڕیار درا هەردولا رێز لە ئازادیی کاری سیاسیی سەربەخۆ و رێکخراوەیی یەکتر بگرن و شان بە شانی ئەوەش خەبات بۆ یەکخستنی داوو دەزگاکانی شۆڕش و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن، هەردولا پێك هاتن لەسەر:

یەکەم- هاوکاریی سیاسی:

١-خەبات کردن بۆ روخاندنی رژێم و هێنانە کایەی رژێمێکی دیموکرات لەعیراقدا کە لە سایەیدا گەلی کورد بە مافی چارەی خۆنوسینی خۆی بگات.

٢-خەبات کردن بۆ هێنانە دیی بەرەی کوردستانی کە ببێتە لایەنێکی کاریگەر لە بەرەیەکی فراوانی عیراقیدا کە مافە بنچینەییەکانی گەلی کوردمان لە عیراقی داهاتوو دەسەلمێنێ.

٣-داخل نەبوونی هیچ لایەنێك لەو دوو لایەنە بۆ هیچ میحوەرێکی تر کە راستەوخۆ دژی لایەنەکەی تر دەوەستێت.

٤-بەستنی کۆبونەوەی هاوبەش بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر روداوە گرنگەکانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە.

٥-خەبات کردن بۆ یەکخستنی رێکخراوە کوردستانییەکانی خوێندکاران و لاوان لە دەرەوەی وڵات.

دووەم- هاوکاریی عەسکەری:

١-سەلماندنی ئازادیی کاری عەسکەری دژی رژێمی فاشی لەناوچەکانی کوردستاندا. بۆ رێگرتن لە سەرهەڵدانی گیروگرفتی نابەجێ، هەوڵ بدرێت چالاکییەکان بە تەنسیق (هەماهەنگی) و ئاگاداریی یەکتر بێت.

٢-بۆ قووڵ کردنەوەی گیانی هاوخەباتیی

پێشمەرگایەتیی هەردولا، هەوڵ بدرێت چالاکیی عەسکەریی هاوبەش ئەنجام بدرێ.

٣-پێشمەرگە ئازادە لە هەر لایەنێکەوە نەقل بێت بۆ لایەنەکەی تر بە بێ چەك، مەگەر پێشمەرگەکە بە بەڵگە دەری بخات کە چەکەکە هی خۆیەتی.

٤-هیچ لایەنێك پێشمەرگەو لایەنگری سزادراوو دەرکراوی لایەنەکەی تر وەرناگرێ.

سێیەم- هاوکاریی ئیعلامی (راگەیاندن):

١-جۆشدانی داوو دەزگا ئیعلامییەکانی هەردولا بە گیانی برایەتی و رێککەوتن و قوڵکردنەوەی ئەم رێبازە.

٢-بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی چالاکیی سیاسی و عەسکەریی یەکتر لە دەزگا ئیعلامییەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات و هاوکاری کردنی یەکتر لە رووی تەکنیکییەوە.

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١٩٨٧/٢/٨

## پاشکۆی ژمارە ٢

## راگەیەندراوی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

لە نیوەی دووەمی مانگی کانونی دووەمی ١٩٨٧دا ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان کۆ بوونەوەو باسی مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و عیراق و ناوچەکەیان کرد. بۆچونی هەردولا یەکانگیر بوو لەسەر هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بۆ پێشڕەوایەتیی خەباتی گەلی کوردستان لەپێناوی مافە نەتەوەییەکانی خۆیدا لەسەر بناغەی دیاری کردنی مافی چارەی خۆنوسین و پێویستیی یەکخستنی دەزگاکانی شۆڕش لە کوردستاندا، بەتایبەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هاوکاریی کاریگەرانە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانی عیراقی لەپێناوی روخاندنی رژێمی فاشیست و وەستاندنی شەڕی کاولکارانەی عیراق- ئێران و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافی کە هەموو ئەرکەکانی بەرە بگرێتە ئەستۆی خۆی و ئاشتییەکی عادیلانە لەگەڵ ئێرانی دراوسێ بێنێتە کایەوەو ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلانی عیراق و ئێران بپارێزێ و دان بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورددا بنێت. هەروەها بەرنامەی سیاسیی ئەو حکومەتە دەبێ دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بێت و هاوکاریی حکومەتە نیشتمانییەکان و گەلانی دراوسێ بکات بە مەبەستی پاراستنی سەربەخۆیی گەلانی ناوچەکە.

هەردولا بایەخێکی زۆریان بەو هەنگاوانە داوە کە لە بواری ئاشتبونەوەی نیشتمانی و پەیوەندیی ناو بزوتنەوەی کوردایەتی نراون.

هەروەها رێککەوتنێکی دوقۆڵیی هاوکارییان لە بواری سیاسی، راگەیاندن و عەسکەری مۆر کرد، وەك یەکەمین هەنگاو بۆ رێککەوتنێکی باڵاتر لە داهاتوودا.

هەردولا سڵاوی شۆڕشگێڕانەیان بۆ گشت پێشمەرگەکانی کوردستان نارد کە دیفاع لە بوونی گەلی کوردو شوێنەوارە نەتەوایەتییەکانی دەکەن لە کوردستان و لەپێناوی روخاندنی رژێمی فاشیستی بەغدا دەجەنگن.

نەمری بۆ شەهیدانی بزوتنەوەی کوردستان و عیراق و شەهیدانی ئازادیخوازی جیهان.

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شوباتی ١٩٨٧

## پاشکۆی ژماره ٣

### پاشکۆی ڕێککەوتنی تەبایی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

بۆ ئەوەی ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکەی نێوان هەردولا بچەسپێ و هەوڵ بدرێ هیچ کەلەبەری تێ نەکەوێ و هیچ گیروگرفت نەیەتە پێشی و بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان هەردولا بەرەو گەشەکردن بڕوا، لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە ڕێککەوتین:

١-ئەم پاشکۆیە بەشێکە لە ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکەو تەواوکەری ئەوە.

٢-کاروباری حوکمڕانی و دادگاو کۆمەڵایەتی و گومرگ و باج وەرگرتن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك خۆی دەمێنێتەوە تا ڕێککەوتنی دووقۆڵیی پاش پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بە مەبەستی یەکخستنی دەزگاکانی شۆڕش.

٣-چالاکیی پێشمەرگە لەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی هەر کامێکیانە بە تەنسیق لەگەڵ ئەو دەبێ.

٤-هەر لایەك ڕێزو حورمەت لە پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگرو دۆستی ئەوی تر دەگرێ چ لە تەعامولی راستەوخۆو چ لە ناو جەماوەر.

٥-بۆ پێشمەرگەی هەردوولا هەیە داوای نەقڵ بکا بۆ لای ئەوی تر بە بێ چەك، مەگەر بە بەڵگە چەکەکە هی خۆی بێت.

٦-هیچ لایەنێکیان داڵدەی پێشمەرگەی موتتەهەم یان سزادراوی یەکتر نادەن.

٧-هیچ لایەنێکیان کەس لە ریزی خۆی بە پێشمەرگە وەرناگرێ کە تاوانی بەرامبەر لاکەی تر کردبێ بە بێ موافەقەتی ئەو. لە حاڵەتی تەحقیق و موحاکەمە کردنیشدا، لیژنەیەکی هاوبەش و دادگایەکی هاوبەشی بۆ دادەنرێ.

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شوباتی ١٩٨٧

## پاشکۆی ژمارە ٤

### بەرەو یەکگرتنی نیشتمانی
### (سەروتاری گۆڤاری پێشەنگ)

بۆ هەموو لایەك رون و ئاشکرایە و پێویست بە باسکردن ناکات کە ئەو بارە نالەبارەی چەند ساڵێك بوو کوردستان و بزوتنەوە ئازادیخوازییەکەمانی پێدا تێدەپەڕی، تەنیا بە قازانجی دوژمنانی گشت هێزە شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەرەکان بوو. براکوژی و پەنا بردنە بەر چەك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە لاوەکییەکان و پارچە پارچە کردن و پاوان کردنی ناوچە رزگارکراوەکان و دژایەتیی ئیعلامی و شەڕی یەکتر کردن ببونە کۆسپێکی گەورە لەسەر ڕێی بەرەو پێشەوە بردنی خەباتی رەوای گەلە چەوساوەکەمان. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، تەبایی و هاوکاری و پێکهاتن و ڕێککەوتن و پێکەوە چالاکی نواندن و هەوڵدان بۆ یەکخستنی دەزگاکانی شۆڕش بارێکی تر دەخولقێنێ و هێزو گوڕێکی زیاتر و بەجۆشتر بە پێشمەرگە دەبەخشێ و هیواو ئاواتێکی زۆر دەخاتە ناو دڵی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان و دڵی دۆستانی بزوتنەوەکەمان خۆش دەکات و دۆستی زیاترمان بۆ پەیدا دەکات و دوژمن بێهێزو لاواز دەکات و ڕۆژی ئازادی و سەرکەوتن و سەرفرازی نزیکتر دەکاتەوە.

دەتوانین بڵێین گەورەترین و بەسودترین دەستکەوتی

ئـەم دوایـیـەی بزوتـنـەوەکـەمـان ئـەو ئـاشتـبونـەوەو تەبایی و ڕێککەوتنە دووقۆڵییانە بوو کە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەر یەك لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)، پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان ئیمزا کراون.

هەر دوا بە دوای ئەو ڕێککەوتنانە بە ماوەیەکی کـەم هـەمـوو لایـەك هەستیان بـە سـودی زۆرو بێ سنوری یەکگرتن کردو زوو بە زوو ئەنجامی زۆر ئیجابیشی بەدەستەوە دا. ئەوەتا لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە کوردستان بووە بە پارچەیەك ئاگرو چووە بەگژ داگیـرکـەرانـدا. شـەڕە مەزنەکانی قـەرەداغ، شارەزور، ڕەواندز، دەشتەکانی گەرمیان، ناوچەکانی تری هەولێرو بادینان کە لە زۆربـەی جارەکاندا بە هاوبەشیی هێزی پێشمەرگەی چەند حزبێك بوون و ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی کوردستان کە لە هەڵەبجەو دەشتی شارەزورەوە تا زاخۆی گرتۆتەوە، بە تێپەڕبوون بە ڕانیەو سەنگەسەرو قـەڵادزێ و چەمچەماڵ و ڕەواندزو شەقڵاوەدا، لەگەڵ هاتنی هەزاران کەس لە چەکدارانی لای ڕژێم وەك سەرباز و فەوجی سوك و جاش بە خۆیان و چەکەکانیانەوە بۆ ناو شۆڕش، ئەمانە هەمووی بەرهەمی ئەو بارە نمونەییەن کە لە کوردستان پەیدا بووە.

بۆیە دەڵێین ئەرکی سەر شانی هەموو لایەکە، بەتایبەتی سەرکردایەتییەکانی ئـەو لایـەنـانـە کە بە هەموو تواناییانەوە کار بکەن بۆ پاراستنی ئەو ڕێککەوتنانەو هـەوڵ بـدەن بۆ زیاتر پتەوکردنیان و بەرەو پێشەوە بردنیان و گەیشتن بە ئاستی یەکگرتنی دەزگاکانی شۆڕش، بەتایبەتی هێزەکانی پێشمەرگەو دەزگـای ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات و نوێنەرایەتی کردنی شۆڕش لە دەرەوەی وڵات کە لە جیهانی ئەمڕۆدا لە زۆر جێگا نمونەو تاقیکردنەوەی لەم بابەتە لەبەر چاون.

داخوازیی ڕای گشتیی گەل دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی کوردستانە کە دەبێ شان بە شانی ئەم ئەرکە پیرۆزەش کار بۆ زیاتر نزیکبونەوە لە گشت هێزە خەباتگێڕەکانی تری عیراق بکرێ بەرەو دامەزراندنی بـەرەی نیشتمانیی فـراوان لـە عیراقدا لەپێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی فاشیست و ڕەگەزپەرستی سەددام و بەدیهێنانی مافی خۆبڕیار دانی چارەنوس بۆ گەلی کوردو کۆتایی هێنان بە جەنگی ئێران- عیراق.

سەرچاوە: گۆڤاری پێشەنگ (گۆڤاری پارتی دیـمـوکـراتـی گـەلـی کـوردسـتـان)، ژمـارە ١٣-١٤، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل ٤-٥.

## ڕێککەوتنی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم

ڕێککەوتنێکی سیاسییە لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٩٣ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی (یەکگرتوی) کوردستان واژۆ کراوە بۆ پێکەوە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و سەقامگیرکردنی ئاشتی و تەبایی. لە ناواخنی ڕێککەوتنەکەدا دوو جـار جەخت کـراوەتـە سـەر ئـەوەی کە ڕێککەوتنەکە «ستراتیجییە»، جارێك لە دیباجەکەداو جارێکی تر لە ماددەی یەکەمدا، جارێکیش لە ماددەی یەکەمدا پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەی «هاوپەیمانیی چارەنوسسازو ستراتیجی» گوزارشتی لێ کراوە.

لە ساڵی ١٩٩٣ بـەدواوە، سـەرەڕای ئـەوەی کە هـەردوو حزب لەسەر دابـەش کردنی دەسـەڵات ڕێك کەوتبون و حکومەتێکی هاوبەشیان پێك هێنا بوو کە

تێیدا سەرۆکایەتیی حکومەت بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سپێردرا بوو و سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام وردە وردە هەندێ نەسازان لە نێوانیاندا پەیدا بوو، بەتایبەتی لە هەولێر کە تێیدا ئاستی کێبڕکێی نێوانیان زیاد لە پێویست هەڵکشا بوو.

ناکۆکیی نێوان هەردوو حزب بە هۆی رووداوێکەوە کە لە بنەمادا پەیوەندیی بە ناکۆکییەکانی نێوانیانەوە نەبوو، پەرەی سەند. لەو ساڵەدا پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی یانزەهەمی لە هەولێر بەست و لەم سەروبەندەدا محەمەد حاجی مەحمود پەیوەندیی بە پارتییەوە کردو بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. بەڵام لە ١٠ی کانونی یەکەمدا، لە سۆنگەی هەندێ کێشەوە، محەمەد حاجی مەحمود لە ناوچەی سلێمانی بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری بارەگای لیوای ٢٤ی فەوجی ٢ ی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوی دا کە زۆرینەی پێشمەرگەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بون و دەستی بەسەردا گرت.

کێشەی نێوان محەمەد حاجی مەحمود و پارتی دیموکراتی کوردستان دۆخێکی ئاڵۆزی لە دەوروبەری هەڵەبجەو هەندێ ناوچەی گەرمیان دروست کرد، بەڵام بە هەوڵی مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی رێ لەوە گیرا کە ململانێ چەکدارییەکە بە شێوەیەکی فراوان ناو سلێمانی بئاڵۆزێنێ. لە ١٣ی کانونی یەکەمدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکی فەرمیدا سەرزەنشتی کردەوەکانی «تاقمێکی گێرەشێوێنی دژ بە یاسا» کردو داوای کرد «تاوانباران بدرێنە یاسا». بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێی نەدا پارتی دیموکراتی کوردستان هێز بۆ ناوچەکانی ململانێ بنێرێ بۆ ئەوەی رەوشەکە ئاڵۆزتر نەبێ و جوگرافیای ململانێکە سنوری خۆی نەبەزێنێ.

ئەم هەڵوێستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لای پارتی دیموکراتی کوردستان لێکدانەوەیەکی وای بۆ کرا کە یەکێتیی نیشتمانی خۆی لە پشتگیری کردنی پارتی دەدزێتەوەو بنەماکانی هاوپەیمانێتییان پشت گوێ دەخا. بە کردەوە، بە هۆی ئەو رووداوەوە، درزێك کەوتە ناو پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات. لە ١٦ ی کانونی دووەمدا پارتی رێپێوانێکی گەورەی لە بەردەم بارەگای ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان رێکخست و داوای چەسپاندنی یاسای کرد.

سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رەوشە ئاڵۆزەکەی کۆڵییەوەو دانی بەوەدا نا کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە قەیرانێکی سەختدا تێدەپەڕن و دەبێ رێوشوێنێك بۆ رێگرتن لە خراپتربونی رەوشەکە بدۆزرێتەوە. لەو هەلومەرجەدا بیرۆکەی هێنانە کایەی رێککەوتنێکی ستراتیجی بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان هەردولا هاتە ئاراوە.

لە ناو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نیگەرانییەکی زۆر لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ هەبوو. ئەم نیگەرانییە بەخۆڕایی نەبوو. رکەبەرایەتی لە ناو ئەندامان و لایەنگرانی هەردولا لە شەقام و فەرمانگەو دامودەزگا حکومییەکان و سەندیکاکان و دەزگا حزبییەکان زۆر تەشەنەی سەند بوو. لە رەوتی گەڕان بە دوای میکانیزمی گونجاودا بۆ کۆنترۆڵ کردنی پێشهاتە نەخوازراوە کتوپڕەکان، بیرۆکەی بەشداریی راستەوخۆی هەر یەك لە تاڵەبانی و بارزانی لە حوکمڕانیدا هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی لە بارودۆخی لێقەومان و لەدەستدانی کۆنترۆڵدا، بە پێگەو کاریزمای هەردوکیان دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە.

یەکێتیی نیشتمانی پێشنیاری کرد تاڵەبانی

و بارزانی دوو پۆستەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بگرنە ئەستۆ، یەکێکیان ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەوی تر ببێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان. لە وردەکارییەکاندا، تاڵەبانی بارزانیی سەرپشك کرد لە هەڵبژاردنی یەکێ لە دوو پۆستەکەو رەزامەندیی پێشوەختی لەسەر وەرگرتنی پۆستەکەی تر نیشاندا. بەڵام مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات و خودی بارزانی دودڵ بون لە پەسندکردنی پێشنیارەکە. لە کۆتاییدا بارزانی بابەتەکەی یەکلا کردەوەو رازی نەبوو هیچ کام لە دوو پۆستەکە وەرگرێ. بۆیە یەکێتیی نیشتمانی کۆپییەکی هەموارکراوی پێشنیارەکەی پێشکەش کردو پێی باش بوو ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی لە هەشت ئەندام، بە بەشداریی تاڵەبانی و بارزانی، بۆ بەڕێوەبردنی هەرێم، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ستراتیجیدا، پێك بهێنرێ و تێیدا پەیوەندییەکانی هەردوو حزب بە شێوەیەکی دینامیکتر ڕێك بخرێنەوە.

لەسەر ئەو بنەمایە، بە خێرایی و لە ماوەیەکی پێوانەییدا کە پاش ڕێپێوانە گەورەکە هەموی چەند رۆژێکی خایاند، گەڵاڵەی ڕێککەوتنێك بە ناوی ڕێککەوتنی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم ئامادە کراو لە ٢٠ی کانونی یەکەمدا لە نێوان هەردولا واژۆ کرا.

لە ڕێککەوتنەکەدا کە لە دە مادده پێك هاتووە، هەردولا بڕیاریان دا پێکەوە، بە تەبایی و سازان، هەرێم بەڕێوە بەرن و هەماهەنگی لە بواری کاردا لە نێوان پەرلەمان و حکومەتدا و هەروەها لەگەڵ یەکتریدا وەك دوو حزبی هاوپەیمان، بەدی بێنن. لەم چوارچێوەیەدا لە ماددەی شەشەمدا جەخت کرایە سەر ئەوەی کە هیچ کامێکیان «بۆی نیە لەگەڵ هیچ حزبێك دژی لایەنەکەی تر ڕێك بکەوێ»و تەنانەت هیچ کامێکیان بە بێ راوێژکردن بە لایەنەکەی تر بۆی نیە «هەڵوێستێکی توند بەرامبەر بە هیچ حزبێك وەرگرێ».

گرنگترین مادده کە هەردولا لەسەری ڕێك کەوتن ماددەی سێیەمە کە تێیدا بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی لە هەشت ئەندام درا کە یەکێکیان تاڵەبانییەو ئەوی تر بارزانی و لە ڕێککەوتنەکەدا بە ناو ناویان تێدا هاتووە. لە شەش ئەندامەکەی تر، لەسەر بنەمای یەکسانی، بڕیار بوو سێ بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێ و سێ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بێ. لە پشکی یەکێتیی نیشتمانی دەبوایە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان ئەندامی ئەنجومەنەکە بێ و لە پشکی پارتی دیموکرات سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان). هەر لایەکیشیان دەبوایە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنەکە دیاری بکات. لە بەرەنجامی کۆتاییدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەم هەشت ئەندامە پێك هات: لە یەکێتیی نیشتمانی، تاڵەبانی، کۆسرەت رەسول عەلی، عومەر فەتاح و رەسول مامەند، لە پارتی دیموکرات، بارزانی، جەوهەر نامیق سالم ، دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس و سامی عەبدولرەحمان.

بڕگەی دووەمی ماددەکە هەموو ئەو دەسەڵاتانەی کە یاسای ژمارەی ٢ ی ساڵی ١٩٩١ بە «رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد» ی بەخشیوە، داوە بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کە زۆربەی هەرە زۆری دەسەڵاتی جێبەجێکارین. هەر ئەم ماددەیەش تەمەنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی دیاری کردووە کە بە هەڵبژاردنی «رابەر» لە خولی دووەمی هەڵبژاردن، کۆتایی دێ. کەیسی هەڵبژاردنی «رابەر» بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە، کاتێك بەرەی کوردستانی، لەبەر نەبونی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو،

ڕۆڵی دەزگـای یاسادانانی دەگێڕا. لەو قۆناغەدا بەرەی کوردستانی، لە ڕەوتی خۆ ئامادەکردندا بۆ هەڵـبژاردنی پەرلـەمـان لـە ساڵی ١٩٩٢، یاسای ژمارە ٢ ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ڕابەری دەرکردو دەسەڵاتێکی زۆری پێ دا، بۆیە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دا لە پاڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان، هەڵبژاردنی ڕابەریش کراو لەم سەروبەندەدا چوار کەس لە چوار حزب خۆیان کاندید کرد کە ئەمانەن: لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاڵەبانی، لە پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی، لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان دکتۆر مەحمود عوسمان و لە بزوتنەوەی ئیسلامی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز. بەڵام هیچ کام لە چوار کاندیدەکە دەنگی پێویستیان نەهێنا، بۆیە بەپێی یاسا دەبوایە خولی دووەمی هەڵبژاردن بۆ تاڵەبانی و بارزانی کە زۆرترین دەنگیان هێنا بوو، بەڕێوە بچێ.

هـەر بۆ دڵنیایی لـە پابەندبونی هــەردولا بە ڕێککەوتنەکە، مــاددەی دەیــەم کـە دوا مــاددەی ڕێککەوتنەکەیە، ئاماژەی بە بەڵێننامەی تاڵەبانی و بارزانی داوە کە تێیدا هەردوکیان پەیمانیان داوە « چاودێری و جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتنە لە ئەستۆ بگرن و ڕێ بە هیچ لادانێك لە دەق و بڕگەکانی و ناوەڕۆکی نەدەن».

نیگەرانییەکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە جێی خۆیدا بون. پاش سەد ڕۆژ لە ڕێککەوتنەکە، ڕوداوێکی بچوکی کۆنترۆڵنەکراو لە قەڵادزێ شەڕی ناوخۆی لێ کەوتەوەو ڕێککەوتنی ستـراتـیـجـیی پـەکـخـست. ســـەرەڕای ئـــەوەی کە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ ڕێککەوتنەکەی ڕاماڵی، بەڵام لە ڕەوتی هەوڵەکاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕاگرتنی شەڕ ڕێککەوتنی ستراتیجی بووە یەکێ لە گرنگترین سەرچاوەکانی «ڕێککەوتنی ئاشتی و هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» کە هەردولا لە ٢١ی تشرینی دووەمــی ١٩٩٤ پێی گەیشتن. لـەو ڕێککەوتنەدا هــەردولا لـە مــاددەی سێیەمدا لـەسـەر پێکهێنانی «سەرکردایەتییەکی سیاسیی هاوبەش» ڕێك کەوتن. ئەنجومەنی پێشنیارکراو لە ڕوی پێکهاتەو دەسەڵاتەوە زۆر لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی بڕیار لێدراوی ڕێککەوتنی ستراتیجییەوە نزیك بوو کە تاڵەبانی و بارزانی ئەندام بون تێیدا، بەڵام لە ڕێککەوتنە تازەکەدا ژمــارەی ئـەنـدامـانـی سەرکردایەتییە هاوبەشەکە دیاری نەکرا بوو. هەروەها لە ماددەی سیانزەهەمی ڕێککەوتنەکەدا وا دانرا بوو کە هەردولا «لانی کەم تا کۆتایی ئەم سەدەیە کار بەم ڕێککەوتننامەیە دەکەن». لە ماددەی چواردەهەمیش ئاماژە بە جێبەجێ کردنی ماددەکانی ڕێککەوتنی ستراتیجی کرا بـوو، ئەو ماددانەی لێ دەرچێ کە لەگەڵ ڕێککەوتنە تازەکە وێك نەدەهاتنەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*ڕێککەوتنی ئاشتی و هاوکاریی نێوان پارتی دیـمـوکـراتـی کـوردسـتـان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## پاشکۆی ژمارە ١

## دەقی ڕێککەوتنی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم (١٩٩٣)

کوردستان لە بارودۆخێکی مێژویی ئێجگار ناسکدا دەژی. لە ئەنجامی خەبات و خوێنی شەهیدان و قوربانیی ڕۆڵەکانی گەل و ڕۆڵی سەرەکیی بەرەی کوردستانی، بە تایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی (یەکگرتوی) کوردستان، گەلێ دەستکەوتی نیشتمانی دەستگیر بون. هەردولا درکیان

بەوە کردووە کە سەرکەوتنی ئەزمونی بەڕێوەبردنی دیموکراتییانەی کوردستانی عیراق و تێگەیشتنی بەردەوامی جیهان لە مەسەلە ڕەواکەی گەلەکەمان بەندە بە پاراستن و پتەوکردنی یەکێتیی ریزەکانی کورد دژ بەو هەولانەی دوژمنان دەیدەن بۆ زەوت کردنەوەی ئازادی و سەندنەوەی دەستکەوتە نیشتمانییەکان لە گەلەکەمان. هەموو ئەمانە پێویست بەوە دەکا هەردولا هەڵوێستی سیاسییان یەکخەن بەرامبەر بەو روبەڕوبونە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە هەڕەشە لە ئەزمونە ساواکەمان دەکەن. بۆیە هەردولا بڕیاریان دا ئەم ڕێککەوتنە ستراتیجییە واژۆ بکەن و سور بن لەسەر جێبەجێ کردنی بڕگەکانی:

یەکەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی (یەکگرتوی) کوردستان هاوپەیمانیی چارەنوسسازو ستراتیجیی خۆیان دوپات دەکەنەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتنەی کە لە ٢ی ئەیلولی **١٩٩٢** لە نێوان هەردوو برا، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، واژۆ کراوە. هەروا هەردولا پابەندی ئەو ئەنجامانەن کە لیژنەی دایەلۆگی مەکتەبی سیاسیی هەردوو حزبی هاوپەیمان پێی گەیشتون و ئەو ئەنجامانە دەکەنە بنەمای پەیوەندیی نێوانیان و ئەو ئەنجامانە بە بەشێکی ڕێککەوتنە ستراتیجییەکە دادەندرێن.

دووەم: سەرکردایەتیی هەردوو حزب جەخت لەسەر ئەم بنەما مەبدەئییانە دەکەنەوە:

١-هاوبەشیی هەردولا لە پەرلەمان و حکومەتدا دەبێ لەسەر بناغەی یەکسانی بەدی بێت و بڕیارە گرنگەکان بە ڕەزامەندیی هەردولا دەبن، هەروەها دامەزراندن لە پلە گرنگەکاندا. بەڵام لە پۆستەکانی تردا پەیرەوی لە پرنسیپی هەلی یەکسان دەکرێ و بڕوانامەو پسپۆری و لێوەشاوەیی لەبەر چاو دەگیرێن.

٢-دەستەبەرکردنی ئازادیی کاری فیکری و سیاسی و حزبی و دیموکراتی و میدیایی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، لە زاخۆوە تا خانەقین، بۆ هەموو هاوولاتییانی کوردستانی عیراق و هێزە سیاسییەکانی و حزبە عیراقییەکان بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێم و ڕێگا بە قۆرخ کردنی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی نادرێ.

٣-چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردولاو ڕێکخراوو دامودەزگاکانیان بە شێوازی سیاسی و ئاشتییانەو برایانەو لەم سەروبەندەدا پەنا بردنە بەر توندوتیژی و چەك بۆ چارەکردنی هەموو جۆرە ناکۆکییەکان قەدەغە دەکرێ.

٤-یەکخستنی هەڵوێستی سیاسی و کردەیی هەردولا بەرامبەر بە حزبەکانی تری کوردستانی عیراق لەسەر بناغەی راوێژو وتووێژی برایانە دەبێ بە مەرجێك هەڵوێست بەرامبەر بە هەر یەکێکیان، لەسەر بنچینەی رادەی گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵاتی یاساو سیستم و ڕێزگرتن لە دەزگا دیموکراتییەکانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت.

٥-هەردولا پابەندی بۆچونە دیموکراتی و سیاسییەکانی حزبە کوردستانییەکان دەبن، دەست ناخەنە کاروباری ناوخۆییانەوە، پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکەن و هەڵوێستیان بەرامبەر بە هەر حزب و گروپێك لەسەر بنچینەی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە ڕەواکانیان دەبێ.

٦-هیچ کام لەم دوو لایەنە بۆی نیە لەگەڵ هیچ حزبێك دژی لایەنەکەی تر ڕێك بکەوێ و نابێ هیچ لایەکیان، بە بێ راوێژ بە لایەنەکەی تر، هەڵوێستێکی توند بەرامبەر بە هیچ حزبێك وەرگرێ.

٧-هەردولا تیرۆر لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت ریسوا دەکەن و دوپاتی دەکەنەوە کە گەلی کورد ئازارێکی زۆری بە دەست ئەم دەردەوە چەشتووەو تیرۆر بە دەرچون لە نەریتی خەباتگێڕانەو نیشتمانیی خۆی دادەنێ.

سێیەم:

١-پێکهێنانی ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی لە هەردولا، لە بەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەر لایەنێك.

٢-ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەم دەسەڵاتانەی دەبێ:

أ-پەیڕەوکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای ژمارە ٢ ی ساڵی ١٩٩١دا هاتون تا ئەو کاتەی قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد تەواو دەکرێ.

ب-سەرپەرشتی کردنی هەردوو فراکسیۆنی دوو حزبەکە لە پەرلەمان و حکومەتدا.

ج-بەدواداچون بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە هاوبەشانەی کە لە لایەن هەردوو حزبەوە دەدرێن و ئەو رێککەوتننامانەی کە لە نێوانیان واژۆ کراون.

چوارەم: پەرلەمان، بە ئاگاداریی تەواوی سەرۆك و جێگرەکەی و هەردوو سەرۆکی فراکسیۆنی دوو حزبەکە، ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی بەجێ دێنێ.

پێنجەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئاگاداریی تەواوی سەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان و بریکاری وەزارەتەکان، ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و کارنامەی وەزاریی خۆی بەجێ دێنێ.

شەشەم: هەردوولا لەسەر سیاسەتێکی یەکگرتوی هاوبەش، بەرامبەر بەو کەسانەی دژی سەقامگیری و ئاسایشی هەرێم دەست لەگەڵ دوژمنان تێکەڵ دەکەن، رێك دەکەون.

حەوتەم: هەردولا لەسەر سیاسەتێکی یەکگرتوی هاوبەشی میانڕەو بەرامبەر بە دەوڵەتانی دراوسێ، بەتایبەتی تورکیاو ئێران و سوریا، رێك دەکەون، ئەویش لەبەر رۆشنایی پەیوەندیی دراوسێتی و بەرژەوەندیی باڵای هەرێمی کوردستان.

هەشتەم: هەردولا لەسەر شێوەی گواستنەوەی ئەندامەکانیان لە لایەکەوە بۆ لاکەی تر رێك دەکەون، بە مەرجێك هیچ لایەکیان قایل نەبێ ئەو ئەندامانەی لایەنەکەی تر وەرگرێ کە لەسەر بێ رەوشتی و دزی و پەیوەندی کردن بە لایەنێکی دوژمنکارەوەو یاخیبون لە فەرمانەکانی حکومەت، دەرکراون و سزا دراون.

نۆیەم: هەردولا بە پێویستی دەزانن یاسا بەسەر هەمواندا بچەسپێ و بەرگری لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بکرێ، بەتایبەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و رێز لە مافی مرۆڤ لە کوردستان بگیرێ، ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ هەموو هاووڵاتییان دەستەبەر بکرێن و هەردولا بەڵێن دەدەن کە ئەم کارە بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆیان دابنێن.

دەیەم: بەڕێزان، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، بە شەخسی و بە ناوی هەردوو حزبەوە بەڵێن دەدەن کە چاودێری و جێبەجێ کردنی ئەم رێککەوتنە لە ئەستۆ بگرن و رێ بە هیچ لادانێك لە دەق و بڕگەکانی و ناوەڕۆکی نەدەن.

٢٠ /١٢/١٩٩٣

## رێککەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان

رێککەوتنێکی سیاسییە لە١٧ی ئایاری ٢٠١٦ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕاندا بەستراوە.

لە ماوەی نێوان ٢٠٠٩-٢٠١٢دا پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان لە دۆخێکی ناجێگیردا بوو، بە زۆریش گرژی بەسەریدا زاڵ بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢دا




گرژییەکە بە هەوڵ و کۆششی هەر یەك لە تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا خاوبونەوەی بە خۆیەوە بینی. لە٢٤ ی ئەیلولی ٢٠١٢دا تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان لە کۆبونەوەیەکدا کە لە دەباشان بەسترا، ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، تێیدا جەختیان کردە سەر ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا. بەڵام هەلومەرجی سیاسی دەری خست کە ڕاگەیەنراوە هاوبەشەکەی دەباشان بە تەنها بەس نیە بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەکردنی کێشەکانی نێوان هەردولا. ئەو گرژییانەی پاش دەرچونی ڕاگەیەنراوە هاوبەشەکە لە نێوان هەردولا سەریان هەڵدا، رونیان کردەوە کە ڕاگەیەنراوە هاوبەشەکە ناتوانێ کێشەکانی نێوان هەردولا بە ئاسانی و بە خێرایی چارەسەر بکات. لەم روەوە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە دورکەوتنەوەی تاڵەبانی لە پرۆسەی سیاسی لە سۆنگەی نەخۆش کەوتنییەوە کاریگەریی خراپی لەسەر ئەم بابەتە بەجێ هێشت.

لە حوزەیرانی ٢٠١٥دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان، هەر یەکەیان بە جیا، دوو پرۆژە یاسایان بۆ هەمواركردنەوەی یاسای ژماری ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆكایەتیی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد. دیدو تێڕوانینی هەردوو پرۆژە یاساکە بە ئاراستەی گۆڕینی سیستمی سیاسی بوو بۆ سیستمێکی پەرلەمانیی تەواو هەنگاوی دەناو سەرەکیترین خاڵ تێیدا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بوو لە ناو پەرلەمان. دواتر هەردو پرۆژە یاساکەو پرۆژە یاسایەکی تری یەکگرتووی ئیسلامی لێك دران و یەك پرۆژە یاسایان لێ پێك هێنرا. ئەم پێشهاتە بە فاکتەرێکی ڕێخۆشکەر بۆ لێك نزیکبونەوەو هەماهەنگیی هەردولا دەژمێردرێ.

لە٣ی ئابی ٢٠١٥ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لیژنەیەکی هەماهەنگیی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان پێك هێنا کە لە قادر حەمە جان، رەفعەت عەبدوڵلا و فەرید ئەسەسەرد پێکهاتبوو. لیژنەکە لە١٠ی ئاب یەکەم کۆبونەوەی

لە ماڵی عومەر سەید عەلی ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزوتنەوەی گۆڕان گرێداو بابەتی سەرەکیی کۆبونەوەکە تاوتویێ کردنی پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح بوو کە پێشکەش بە مەکتەبی سیاسیی کردبوو و تێیدا چەند تێزێکی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی پێشنیار کردبوو. «گۆڕان» لە پرۆژەکە نیگەران بوو، چونکە ناوەڕۆکی پرۆژەکە لەگەڵ ئەو دوو پرۆژە یاسایە نەدەگونجا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان لە حوزەیراندا پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانیان کردبوو و تێیدا تێڕوانینێکیان لەمەڕ شێوەی چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی بەرچاو خستبوو کە پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح گوزارشتی لێ نەدەکرد. سەردانی شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرتر بۆ رەواندنەوەی نیگەرانییەکانی سەرکردەکانی «گۆڕان» بوو.

لەو ماوەیەدا هەندێ فاکتەری تر بونە مایەی لێك نزیکبونەوەی بابەتییانەی هەردولا، بەتایبەتی پاش کۆتایی هاتنی ماوەی درێژکراوەی بارزانی لە١٩ی ئابی ٢٠١٥و رێکنەوکەوتنی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسی لەسەر دەریچەیەك بۆ قەیرانی بۆشایی دەسەڵات. لە دواییدا دەست پێکردنی کۆبونەوە پێنج قۆڵییەکان لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و پاشتریش دورخستنەوەی وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم و پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان، هەموی بەسەر یەکەوە بارودۆخێکی وای لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە کە تێیدا هاوپەیمانییەکی نافەرمی و رانەگەیەنراو لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و دوو گروپە ئیسلامییەکە سەری هەڵدا. هەر ئەو هاوپەیمانییەش بوو کە بەرە بەرە هەردولای بەرەو ئەوە برد کە بیر لە چەترێك بکەنەوە لە سایەیدا پەیوەندیی دوقۆڵییان لەسەر هەموو ئاستەکان رێك بخەنەوە.

یەکەم کۆبونەوە کە تێیدا رێکخستنی پەیوەندییەکانی هەردولا لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی نوسراودا بە شێوەیەکی فەرمی تاوتوێ کراوە، کۆبونەوەکەی ١١ی ئابی ٢٠١٥یە لە بارەگای مەکۆی گۆڕان لە سلێمانی کە تێیدا نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر یەك لە قادر حەمە جان و رەفعەت عەبدوڵڵاو فەرید ئەسەسەرد و نوێنەرەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، هەر یەك لە عومەر سەید عەلی و محەمەد تۆفیق رەحیم و عوسمان حاجی مەحمود بە شێوەیەکی سەرەتایی مەسەلەکەیان تاوتوێ کرد. بەڵام هێشتا زۆری مابوو ئەم مەسەلەیە رەهەندێکی پەیگیر وەربگرێ.

لە کانونی یەکەمی ٢٠١٥ بە دواوە، مەسەلەی گەیشتن بە لێك تێگەیشتنی هاوبەش هەنگاوی خێراتری بەخۆیەوە بینی. لە٢٥ی کانونی یەکەمدا لیژنەی گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە یاداشتێکدا کە ئاراستەی بزوتنەوەی گۆڕانی کرد، چەند پرنسیپێکی بۆ رێککەوتنی سیاسیی نێوان هەردولا خستە روو. یاداشتەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەرفەتێکی لەبار بۆ گەیشتن بە لێك تێگەیشتن لە نێوان هەردولادا، بە ڕەچاوکردنی ئامانجی لایەنی دورو نزیك، هەیە. لە یاداشتەکەدا یەکەم جار بوو لە دیکۆمێنتێکی نوسراوی فەرمیدا ئاماژە بۆ ئەگەری بەشداری کردن بە یەك لیست لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق بکرێ، ئەویش بەمەرجی سازکردنی «زەمینەی متمانەی سیاسیی هاوبەش»، هەروەها ئەگەری یەکگرتنەوەش لەو یاداشتە خرابووە بەر باس و ئەم مەسەلەیە بە مەرجی «گێڕانەوەی متمانە» و رەخساندنی «زەمینەی

یەکگرتنەوەی ڕاستەقینە»وە بەسترابۆوە.

لە١٨ی کانونی دووەمی ٢٠١٦ دا ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دەقی یاداشتەکەی لە لاپەڕەی یەکەمیدا بڵاو کردەوەو لە مانشێتی سەرەکیدا یاداشتەکەی وەك «نەخشە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان» ناساند.

لە بەرامبەردا لە٣٠ی ئازاری ٢٠١٦دا «گۆڕان» چەند پرنسیپ و میکانیزمێکی بۆ ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشنیار کردو لە یاداشتێکدا کە ئاراستەی یەکێتیی کردبوو ڕێککەوتنی سیاسیی بە«هەنگاوێکی گرنگ» ناسی بوو و چەند بنەمایەکی بۆ ڕێککەوتنەکە کردبوو بە بنچینە وەك ڕاگەیەنراوی هاوبەشی ساڵی ٢٠١٢ی دەباشان و هەردوو پڕۆژەکەی ساڵی ٢٠١٥ی گۆڕان و یەکێتی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم. لە پێشنیارەکانیدا گۆڕان پشتگیریی لە هەماهەنگی یان یەکخستنی فراکسیۆنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ڕێکخستنی ئۆرگانە حزبییەکان و هەماهەنگیی میدیایی کردبوو.

هەردوو یاداشت ژینگەیەکی گونجاویان بۆ لێك نزیکبونەوەو یەکخستنی هەڵوێستەکان و هەروەها بۆ تاوتوێ کردنی بابەتی ڕێککەوتنی سیاسی پێك هێنا. لە ٦ی نیساندا دەست بە کۆبونەوەکان کرایەوە. لە بارەگای مەکۆی گۆڕان لە سلێمانی شاندی یەکێتی کە لە ڕەفعەت عەبدوڵلا ، فەرید ئەسەسەرد، قادر حەمە جان، بەرزان ئەحمەد کوردەو لەتیف عومەر مستەفا پێکهاتبوو و شاندی گۆڕان کە لە شۆڕش حاجی، عوسمان حاجی مەحمود، عومەر سەید عەلی، جەلال جەوهەرو محەمەد تۆفیق ڕەحیم پێکهاتبوو، کۆ بونەوەو ئەگەری پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکراتیان لە بەغدا تاوتوێ کردو لەسەر بەرگری کردن لە پشکی کورد لە حکومەتی ناوەندو پاراستنی پرنسیپی سازان ڕێك کەوتن.

لە چەند ڕۆژی دواتردا هەوڵەکان بۆ زەمینەسازی بۆ گەیشتن بە لێك تێگەیشتنی سیاسی چڕ کرانەوە. لە١٢ی نیساندا مەکتەبی سیاسی داوای لە فەرید ئەسەسەرد کرد پڕۆژەی ڕێککەوتنێکی سیاسی ئامادە بکات. بەم پێیە، پڕۆژەیەکی ١٣ ماددەیی ئامادە کرا. لە١٤ی نیساندا یەکەم کۆبونەوە بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژەکە لە بارەگای مەکۆی گۆڕان ساز کرا. فەرید ئەسەسەرد بە نوێنەرایەتیی یەکێتی و جەلال جەوهەر بەنوێنەرایەتیی گۆڕان بە دووقۆڵی گفتوگۆیان سەبارەت بە پڕۆژەکە کرد. لە کۆبونەوەکەدا دوو مافناس وەك ڕاوێژکار، سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم لە یەکێتی و دکتۆر بەهار مەحمود لە گۆڕان، ئامادەی دانیشتنەکان بون. ئەم کۆبونەوەیە ڕێی بۆ زنجیرە کۆبونەوەیەکی دووقۆڵی لە ڕۆژانی داهاتوو خۆش کرد. لە٣ی ئایاردا لە وتووێژەکاندا عوسمان حاجی مەحمود جێی جەلال جەوهەری گرتەوە. لەو ماوەیەدا زۆربەی بابەتە سەرەکییەکان لە نێوان هەردولا یەکلا کرابونەوەو تەنها هەندێ بابەت بە هەڵپەسێردراوی مابونەوە. لە٥ی ئایاردا فەرید ئەسەسەرد لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان لە گەیشتن بە ڕێککەوتن نزیك بونەتەوە. لەو ماوەیەدا پاش ئەوەی گفتوگۆکان هەنگاوی باشیان بۆ پێشەوە هەڵهێنا، بڕیار درا کۆبونەوە دووقۆڵییەکان کۆتاییان پێ بێ و ئەنجامەکان ڕادەستی سەرکردایەتیی هەردولا بکرێ تاکو خاڵە ساغ نەکراوەکان یەکلا بکەنەوە. لە٨ی ئایار شاندی هەردولا بۆ یەکلاکردنەوەی خاڵە ناکۆکەکان کۆ بونەوە. شاندی گۆڕان لە عومەر سەید عەلی، محەمەد تۆفیق ڕەحیم و عوسمان حاجی مەحمودو شاندی یەکێتی لە قادر حەمە جان، ڕەفعەت عەبدوڵلا

، فەرید ئەسەسەردو لەتیف عومەر مستەفا پێك هاتبوو. لەم کۆبونەوەیەدا هەموو خاڵە ساغنەکراوەکان سازانیان لەسەر کرا.

لـە١٠ی ئایاردا جڤاتی نیشتمانیی بزوتنەوەی گۆڕان پڕۆژەکەی پەسند کرد. لە١٢ی ئایاردا مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، لـە لێدوانێکدا بـۆ «کوردستانی نـوێ» رایگەیاند کە لە پڕۆژەی رێککەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتی و گـۆڕان ١٣ مـاددە ساغ کراونەتەوە. ئەم لێدوانە یەکەم ئاماژەی روون بوو بۆ بونی تێڕوانینی جیاواز لە ناو حزب بۆ رێککەوتن لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان. لە١٤ی ئایاردا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژەی رێککەوتنە سیاسییەکە کۆ بۆوە. کۆبونەوەکە لـە دوو دانیشتندا بـە چـەردەیـەك تێبینییەوە بە زۆرینەی دەنگ رێککەوتنەکەی پەسند کرد. رۆژی دواتر لیژنەی سەرپەرشتیاری رێککەوتنە سیاسییەکە لـە نوێنەرانی هـەردولا بۆ دوایـیـن جار کۆ بـۆوە. مەبەستی سەرەکیی کۆبونەوەکە جێگیرکردنی تێبینی و پێشنیارەکانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بوو. لەم کۆبونەوەیە، لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەفعەت عەبدوڵڵا ، قادر حەمە جان، فەرید ئەسەسەرد، لەتیف عومەر مستەفاو بەرزان ئەحمەد کوردە بەشدار بون و لە بزوتنەوەی گـۆڕان عومەر سەید عەلی، جەلال جەوهەر، عوسمان حاجی مەحمودو محەمەد تۆفیق رەحیم. شاندی گـۆڕان رەزامەندیی لەسەر تێبینی و پێشنیارەکانی کۆبـونـەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نیشاندا، بەڵام خۆیشی سێ تێبینی و پێشنیاری کۆبونەوەی جڤاتی نیشتمانیی پێ بوو، کە ئەوانیش لە دەقی پڕۆژەکە دا چەسپێنران. رۆژی دواتر فەرید ئەسەسەرد و سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم لە ڕوی زمانەوانییەوە بە دەقی رێککەوتنەکەدا چونەوەو کۆتا کۆپییان لێ ئامادە کرد.

لە١٧ی ئایاردا، وەك هەردوولا لەسەری رێککەوتبون، لە ڕێ و رەسمێکی شایستەدا رێککەوتنەکە لە دەباشان، لە ماڵ و لەبەردەمی تاڵەبانی، لە لایەن هەر یەك لە نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان و کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، واژۆ کرا. ئێـوارە، رێ و رەسمێکی گـەورەتـر بۆ راگەیاندنی رێککەوتنی سیاسی و خوێندنەوەی دەقەکەی لە هۆڵی شاری جوان لە سلێمانی، بە ئامادەبونی ژمارەیەکی زۆری نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییە دیارەکان، ساز کرا. رۆژی پاشتر، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی لە دژی رێککەوتنەکە دەرکرد.

رێـکـکـەوتـنـەکـە لـە ٢٥ مـــاددە پـێـکـهـاتـووە کە بناغەیەکی گونجاوی بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان داناوە. لە ڕێککەوتنەکەدا هەردولا جەختیان کردۆتە سەر پابەندبون بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان و پشتگیریی خۆیان بۆ سیستمی پەرلەمانی لە کوردستان و هێنانە دیـی دەستورێکی دیموکراتی و مـەدەنـی دوپـات کـردۆتـەوە. هـەروەهـا هـەردولا لـە ڕێـکـکـەوتـنـەکـەدا بـەگـژداچـونـەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازییان بـە پێویست زانـیـوەو هاودەنگیشن لەسەر بەتاوان ناساندنی شەڕی ناوخۆو شەڕی دژ بە لایەنە کوردستانییەکان، هەروەك مافی چـارەی خۆنوسین و سـەربـەخـۆیـیـان بـە مـافێکی دیموکراتیی گەلی کوردستان ناسیوە. لە ماددەی ١٥دا هەردولا لەسەر یەکخستنی فراکسیۆنەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان رێك کەوتون و دەرگای بـەشـداری کردنیان بـە یـەك لیست لـە هەڵبژاردنە

گشتییەکاندا بە کراوەیی هێشتۆتەوە.

سەبارەت بە فایلی نەوتیش، هەردولا لە ماددەی ١٩دا داوایان کردووە ئەو فایلە «بە شێوەیەکی شەفاف و دامەزراوەیی» بەڕێوە بچێ و لە ماددەی ٢٤دا هەردولا لەسەر پێکهێنانی «سەرکردایەتییەکی هاوبەش بۆ هەماهەنگی و بەدواداچونی جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکە» رێك کەوتون.

هەرچەند پاش واژۆکردنی رێککەوتنەکە، سەرکردایەتییەکی هاوبەش لە هەردولا پێك هات بەڵام جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکە کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆری بۆ دروست کرا، بە رادەیەك کە رێککەوتنەکە لە هەندێ قۆناغدا لە لێواری هەڵوەشانەوە نزیك بۆوە. لە ناو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کۆدەنگی لەسەر رێککەوتنەکە نەبوو. هەرچەند پەسندکردنی رێککەوتنەکە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە بەڕێوە چوو و لە دەنگداندا دەنگی زۆرینەی بەدەست هێنا، بەڵام کەمینەی دژ بە رێککەوتنەکە دەستەوەستان نەوەستاو بەردەوام بوو لەسەر دروست کردنی تەگەرە لە بەردەم رەوتی جێبەجێ کردنی دەقەکانی رێککەوتنەکە. کەمینەی ناڕازی زۆرتر دژی ماددەی ١٥ ی رێککەوتنەکە بوو کە باسی یەکخستنی فراکسیۆنەکانی هەردولای لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکردو ئەگەری پێکهێنانی لیستی هاوبەشی لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا بە کراوەیی هێشتبۆوە. جێبەجێ ئەم دوو بڕگەیە لێی رادەبینرا رێ لە بەردەم یەکخستنەوەی هەردوو حزب خۆش بکا. وردتر، کەمینەی ناڕازی دژی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان نەبوو، بەڵکو بە دیاریکراوی دژی یەکخستنی فراکسیۆنەکانی هەردولا بوو و پێی وابوو یەکخستنی فراکسیۆنەکان لە لایەك کاریگەریی خراپ لەسەر پەیوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەجێ دێڵێ و لە لایەکی دیکەوە ژینگەیەکی لەبار بۆ پێکهێنانی لیستی هاوبەش لە هەڵبژاردنەکاندا فەراهەم دەکات و لە مەودای دوریش پێداویستییەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو حزب دابین دەکات. سەرەڕای دژوارییەکان، لایەنگرانی پاراستنی رێککەوتنەکە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێیان لە پەکخستنی رێککەوتنەکە گرت. لە ٢٥ ی کانونی دووەمی ٢٠١٧ دا هێرۆ برایم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی لە لێدوانێکدا وەڵامی ئەوانەی دایەوە کە هەوڵی پەکخستنی رێککەوتنەکەیان دەداو وتی هاوپەیمانی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان «هاوپەیمانییەکی دۆستانەو واقعییانەیەو زەرورەتێکیشە کە بە قەناعەتەوە لە نێوان هەردولا بەستراوە». لێدوانەکەی هێرۆ برایم ئەحمەد رۆڵی هەبوو لە خەفەکردنی نیگەرانییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان. لە ٢٨ی کانونی دووەمدا جڤاتی نیشتمانیی بزوتنەوەی گۆڕان بڕیاریدا بەردەوام بێ لەسەر پابەندبون بە رێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە ١٧ ی شوباتدا لە کۆبونەوەی سەرکردایەتیی هاوبەشدا کە قوباد تاڵەبانی بەشداریی تێدا کرد، بڕیاری پێکهێنانی دوو لیژنە درا، لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی قوباد تاڵەبانی بۆ جێبەجێ کردنی رێککەوتنی دابەش کردنی دەسەڵات لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان لە سنوری پارێزگای سلێمانی و لیژنەیەکی تر بە سەرۆکایەتیی لەتیف عومەر مستەفا لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەو ئاسۆ محەمەد لە لایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە بۆ جێبەجێ کردنی رێککەوتنە سیاسییەکە. لە ٣ی نیساندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەخشە رێگایەکی بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان بڵاو

کردەوە، تێیدا پابەندبونی خۆی بە ڕێککەوتنی سیاسیی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان دوپات کردەوە.

سەرەڕای ئەم پێشکەوتنە، بە کردەوە هیچ لە مەسەلەکە نەگۆڕاو هیچیش لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرا. لە ١٤ ی ئایاردا ڕێکخەری بزوتنەوەی گۆڕان نەوشیروان مستەفا دەسەڵاتی تەواوی دایە جڤاتی نیشتمانی بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی و نیگەرانیی خۆی لە جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنەکە دەربڕی. بەپێی سەرچاوەکانی ناو بزوتنەوەی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا داوای لە جڤاتی نیشتمانی کردبوو پەلە لە دەرکردنی بڕیاردا نەکرێ چونکە ئەو هێشتا ئومێدی بە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە هەیە، بە تایبەتی کە ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانی پشتیوانی لە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە دەکەن.

لە کۆبونەوەی ١٨ ی حوزەیرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بڕیار درا هەنگاو بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە بنرێ و فراکسیۆنەکان یەك بخرێنەوە. بڕیارەکە بۆ ئەو باڵەی کە پشتیوانیی لە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە دەکرد، سەرکەوتنێکی گەورە بوو. هەرچەند هێرۆ برایم ئەحمەد بەشداریی لە کۆبونەوەکەدا نەکرد بوو، بەڵام پەیامی بۆ کۆبونەوەکە نارد کە پشتگیریی بڕیارەکە دەکات. ڕۆژی دواتر، هەڵوێستی خۆی، بە نوسراوی، بۆ یەکە یەکەی ئەندامانی سەرکردایەتی ناردو نیشانی دا کە ئەو لەگەڵ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە دایە. لە ٢٠ حوزەیراندا هەمان پەیام لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاو کرایەوە. لە ٢ ی تەموزدا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی فەرید ئەسەسەرد لە چاوپێکەوتنێکدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەپێی بڕیاری دوا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی « ئیرادەیەکی زۆر بەهێز بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان هەیە».

سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، ڕێککەوتنەکە هەر بە چەق بەستویی و بە هەڵپەسێردراوی مایەوە و هیچی لێ جێبەجێ نەکرا. لە ئەنجامدا گرژی و دڕدۆنگی و گومان گەڕایەوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان. لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ٢٠١٧ دا جڤاتی نیشتمانی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵپەسارد.

ڕێککەوتنەکە ئامانجی خوازراوی نەهێنایە دی و لە کۆتاییدا پوکایەوە. ڕاپۆرتی سیاسیی جێگری سکرتێری گشتی کە ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەم خوێنرایەوە، دانی بەوەدا ناوە کە ڕێککەوتننامەی واژۆکراو لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان «جێبەجێ نەکرا و هەڵوەشایەوە» و هۆکەی بردۆتەوە سەر « کورتبینیی هەندێك لە هاوڕێیانمان لە مەکتەبی سیاسی» و وای داناوە کە ئەمە « زیانێکی زۆری بە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بە خودی یەکێتی گەیاندووە».

بابەتی پەیوەندیدار:

*دەباشان (ڕاگەیەندراوی هاوبەش).

## پاشکۆی ژمارە ١

## پرنسیپەکانی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان (کانونی یەکەمی ٢٠١٥)

سەرەتایەکی پێویست

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی

گۆڕان لە دوانزە ساڵی رابردوودا، قۆناغی جیابونەوەو کێشمەکێشەکانیان، بەجۆرەها بڕیارو کارو کاردانەوە تاقیکردۆتەوە. سەرەنجام، دەرکەوت هەردولا پێویستە گفتوگۆی راستەقینە بۆ یەکالاکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان بکەن.

لەو سالانەدا، چەندین دیاردەو رواداوی گرنگ، زەمینەی دایەلۆگی راستەقینەیان لە نێوانماندا، هێشتۆتەوە.

لەوانە:

١-مێژووی هاوبەشی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ یەکێتییەکانی جارانی ناو گۆڕان و راپەڕاندنی ئەرکە چارەنوسسازەکان، لە شاخ و شاردا.

٢-لێك تێگەیشتنی دەباشان (٢٠١٢)و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی ئارامی نێوانمان.

٣-سەرەڕای قوڵیی ناکۆکییەکان و ئازاری ململانێکان، پەنا بۆ بەکارهێنانی چەك نەبراوەو خوێنی پاکتاوکردنی یەکتر نەڕژاوە.

٤-لە دوای روداوەکانی ١٧ی شوباتەوە، یەکێتی رێگای نەدا چارەسەری عەسکەری، لە سلێمانی بەکار بێت.

٥-پێشکەشکردنی پرۆژەی چوارقۆڵی (یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) بۆ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم. کە وابێ هەلومەرج لەبارە، بۆ بونیادنانی پەیوەندییەکی سیاسی لە نێوانمان. دوای چەندین کۆبونەوە، پێمان وایە ئیتر کاتێتی، گفتوگۆ، لە باسکردنی گشتییەوە، بگوازینەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر خاڵە دیاریکراوەکانی رێککەوتن. لە ڕوانگەی یەکێتییەوە، چەند ئامانجێك دەبێ رەچاو بکرێن.

-ئامانجی لایەنی دوور.

-ئامانجی لایەنی نزیك.

-ئامانجی حزبیی هەردوولا.

یەکەم: ئامانجی لایەنی دوور

بنەمای ئامانجە سیاسییە دوورو نزیکەکان، پاراستنی ریزەکانی هێزەکانی کوردایەتییە، هیچ بڕیارێکی رێککەوتنەکە، نابێ مەترسی بخاتە سەر بنەماکانی یەکێتیی کوردایەتی، بە بێ ئەوەی ئەم بنەمایەش، رێگر بێ لە ئازادیی رادەربڕین.

ئامانجە ستراتیجییەکان:

١-لە باشوری کوردستان و عیراق: پشتیوانی کردن لە هێزە دیموکراتەکان، لەپێناوی دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەلایەتی و دەوڵەتی سەروەریی یاسا.

٢-پشتیوانیی خەباتی ئۆرگانیکی دیموکراسیخوازیی بەشەکانی کوردستان، لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسیندا، هەڵویست وەرگرتن دژی هەموو چەشنە شەڕێکی ناوخۆیی لە بەشەکانی کوردستاندا.

٣-پتەوکردنی پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ هێزە دیموکرات و سۆسیالیستەکانی جیهان، بۆ دابینکردنی پشتیوانیی زیاتری پرۆسەی دیموکراسی لە عیراق و کوردستان.

٤-خەبات بۆ بنەبڕکردنی مەترسیی هەژمونگەریی کۆمەلایەتیی سەلەفیەت، لە کوردستان و ناوچەکەو جیهاندا.

٥-پەرەپێدانی پەیوەندیی سیاسی، بازرگانی، دیپلۆماسی و ئاشتییانە، لە نێوان وڵاتانی جیهان و ناوچەکە، لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هاوچەرخی سیاسی و ژینگە پارێزی و مافی مرۆڤ.

دووەم: ئامانجی لایەنی نزیك

أ-لەسەر ئاستی عیراق:

سەرەڕای مافی چارەی خۆنوسین، هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، لەم هەلومەرج و قۆناغەدا، ستراتیجی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان، ئابوری، دەستوریو حوکمڕانی..

تاد، له بەغدایە. بۆیە ئەرك و پرۆسەیەكی هاوبەشمان لەم وڵاتەدا هەیە:

١-جێبەجێكردنی تەواوی ماددەو بڕگەكانی دەستوری هەمیشەیی، لە عیراق و هەرێمی كوردستان و ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم.

٢-دیاریكردنی دوا ماوەی جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠و پاشان دیاریكردنی رەسمیی سنوری باشوری كوردستان.

٣-حكومەتی نیشتمانی- دیموكراتی، لە نێو هەموو پێكهاتەكاندا، كارا بكرێ و سیستەم و یاسا لە تایفەگەرێتی دور بخرێتەوە.

٤-عیراق بكرێتە وڵاتێكی بەرهەمهێنەری هەموو بوارەكان، ئەمەش ژێرخانی ئابوریی هەموو كەناڵە ئابورییەكانی دەوێ نەك تەنها نەوت.

٥-سوپا، دەزگاكانی ئاسایش، دەزگاكانی تری حوكمڕانی و ئیداری، بكرێنە پرۆفیشناڵ.

٦-فەلسەفەی هاوچەرخی خوێندن و خوێندنی باڵا بچەسپێندرێ.

٧-كۆمەڵی مەدەنی بەدی بێت و ئازادییە كۆمەڵایەتییەكان، دەستەبەر بكرێن.

٨-شەفافیەت لە دارایی و ریشەكێشكردنی گەندەڵی و سزادانی گەندەڵكاران، تێكڕا.

٩-سیستەمی سۆسیال لە عێراق، بۆ هەموو هاووڵاتییەك بەدی بێت و یاسای كاری بەعسییەكان، سەراپا هەڵوەشێتەوەو یاسای نوێچەشن، پەسند بكرێ.

ب-لەسەر ئاستی كوردستان:

كوردستان، هێشتا بە قۆناغی گوزەری دیموكراسی- سەرمایەداریدا تێدەپەڕێ و پرۆسەی دیموكراسی و عەدالەتی كۆمەڵایەتی، پڕ ململانێی سیاسی، ئابوری، كۆمەڵایەتی و یاساییە، بۆیە هێزە دیموكرات و سیكولاریستەكان، چارەنوسی هاوبەشیان هەیە. لە ناویاندا، یەكێتی و گۆڕان ئەركیانە تێ بكۆشن لەپێناوی:

١-تەواوكردنی ئەركە ئابوری، سیاسی، كۆمەڵایەتی، حوكمڕانیی هاوچەرخ، ئەركە رۆشنگەرییەكان و دەستاوەدەست كردنی دەسەڵات.

٢-چاكسازی لە سیستەمی حوكمڕانیی كۆن و بونیاتنانەوەی سیستەمێكی دیموكراتیی گونجاو لەگەڵ گۆڕانكاری و ئەركەكانی سەردەم.

٣-پاكسازیی گەندەڵی لە تەواوی جومگەكانی هەرێم و دەسەڵاتدارو كاراكردنی لیژنەی لێپێچینەوە لەگەندەڵكارو سزادانیان.

٤-بەدیهێنانی سیستمی سۆسیال بۆ دڵنیایی كۆمەڵ و ژیانی هاووڵاتی.

٥-داڕشتنی ستراتیجی گشتگیری سیاسی و كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، بۆ یەكسانیی ژن و پیاو، هاوكات خەبات بۆ ریشەكێشكردنی توندوتیژیی دژی ژنان و سزادانی توندی تاوانباران.

٦-گۆڕینی سەراپای سیستەمی پەروەردە، لە باخچەی ساوایانەوە بۆ خوێندنی باڵاو كردنی بە سیستەمێكی زانستیی هاوچەرخ.

٧-شەفافیەت لە دارایی و داهاتی سەرچاوە سروشتییەكان و چاودێركردنی چۆنیەتیی سەرفكردنی لە لایەن پەرلەمانەوە.

سێهەم: ئامانجی حزبیی هەردوولا

١-پەروەردەكردنی ئۆرگانە حزبی و جەماوەرییەكانی هەردولا (یەكێتی- گۆڕان) بەگیانی هاوخەباتی و پابەندبون بە سیاسەت و هەڵوێستی هاوبەش.

٢-هاوكاریی راگەیاندن بۆ بەرجەستەكردنی رێككەوتنی نێوانمان.

٣-هاوكاریكردنی یەكتر لە كاتی هەڵبژاردنە جەماوەرییەكاندا. لە هەڵبژاردنی سەندیكاكانیشدا، بەپێی سەنگ و كاریگەریی سەندیكای هەردولا، بەرنامەڕێژیی هاوكاریی یەكتر بكرێ. بۆ رێكخراوە

ناحکومییەکانیش (NGO) چالاکی و پرۆپۆزەڵ و وۆرك شۆپی هاوبەش ئەنجام بدرێ.

٤-بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، ئەگەر زەمینەی متمانەی سیاسیی هاوبەشمان ساز کرد، دەکرێ لیستی هاوبەشمان هەبێ. بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش، لە قۆناغی یەکەمدا، دژایەتیی یەکتر نەکرێ. لە هەڵبژاردنەکانی قۆناغەکانی تریش، هەردولا، لە ڕوانگەی پەرەپێدانی دیموکراسییەوە، بیر لە لیستی هاوبەش بکەنەوە.

٥-دوای جێبەجێکردنی قۆناغی ڕێککەوتنی سیاسی و گێڕانەوەی متمانەو چالاکیی هاوبەش، کە زانرا زەمینەی یەکگرتنەوەی راستەقینە رەخسێندراوە، لە کاتی خۆیدا، بیری هەمەلایەنەی لێ بکەینەوە.

ئەم سێ بەشە، وەکو پڕۆژەی پەیوەندیی نێوانمانە. دەکرێ، پێکەوە پەسەند بکرێن، یان تەنها بەشێکی بەرنامەی لایەنە دوورو نزیکەکە.

دوای ڕێککەوتن، بێگومان بۆ جەماوەرو ئۆرگانی هەردوولامان، بۆ مێژووش، گرنگە مەراسیمی هاوبەش ساز بکرێ و ڕێککەوتنەکە بە ئامادەبونی سەرکردایەتی و جڤات رابگەیەنین.

لەگەڵ ڕێزماندا
لیژنەی گفتوگۆی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٥/١٢/٢٥

## پاشکۆی ژمارە ٢

## پێشنیارەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ئازاری ٢٠١٦)

بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو هێزی کاریگەرن لە گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان. جۆری پەیوەندی و دورو نزیکیی ئەم دو هێزە لە یەکتری کاریگەری لەسەر شێوازی حوکمڕانی و پرۆسەی سیاسی لە کوردستانی عێراق دروست دەکات. هەر بۆیە هاوهەڵوێستیی ئەم دو لایەنە لەسەر هەر مەسەلەیەکی چارەنوسساز زەمانەتی ئەو مەسەلەیەو لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و دابینکردنی دوارۆژێکی گەش بۆ نەوەکانی داهاتو دەبێت. بزوتنەوەی گۆڕان ڕێکخستن و گەشەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە قازانجی خەڵکی کوردستان دەزانێت.

بە ڕای ئێمە ڕێککەوتنی سیاسی هەنگاوێکی گرنگە بۆ چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکانی کوردستان. رادەی کاریگەریی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان گۆڕان و یەکێتیش لەسەر هەموو مەسەلەکان بە شێوازو ئاستی ئەو ڕێککەوتنە بەستراوەتەوە. دەکرێ ئەو ڕێککەوتنە دۆستایەتی و هەماهەنگی یاخود دروستکردنی بەرەیەك بێت کە هەردو لامان کۆ بکاتەوە تا ئاستی یەکگرتن.

بنەماکانی ڕێکەوتن: ئەمانەی خوارەوە ئەو بنەمایانەن کە پێمان وایە دەکرێ ببنە بنچینەیەکی باش بۆ کارکردنی هاوبەش:

١-ڕێککەوتنی دەباشان، کە لە کۆبونەوەی هەردولاو بە سەرپەرشتیی بەڕێزان مام جەلال و کاك نەوشیروان کراو سیستمی پەرلەمانی تێدا پەسەند کرا.

٢-پڕۆژە پێنج قۆڵییەکەی گۆڕان و یەکێتیو یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم لە پەرلەمانیی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم و گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی بۆ سیستمی پەرلەمانی.

٣-پابەندبونی هەردولا بە نوسینەوەی دەستورێکی پێشکەوتووی مەدەنیی سەردەمییانە، کە سیستمی پەرلەمانیی دیموکراتی و سەروەریی یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و لامەرکەزییەتی ئیداری و زامنکردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان بچەسپێنێ.

٤-پرۆژەکانی چاکسازیی ئابوریی هەردولا بۆ بنیادنانی ئابورییەکی سەربەخۆو جێگیرکردنی بازاڕی ئازادو هێنانە کایەی شەفافیەتی دارایی، بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێنان و فرۆشتن و گێڕانەوەی داهاتی نەوت و گازو بەنیشتیمانی کردنی پرسی نەوت و گاز.

٥-دارشتنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم لەسەر بنەمای هاوسەنگی و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

٦-خاڵە هاوبەشەکانی ناو پرۆژە سیاسییەکانی هەردولا بۆ چاکسازی.

٧-گێرانەوەی شەرعییەت بۆ دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان.

میکانیزمەکانی کارکردن: ئەمانەی خوارەوە چەند میکانیزمێکن، دەکرێ بۆ دەستپێکردن و بەرەو پێش بردنی رێککەوتنەکە لەسەر ئاستە جیاکان پەیڕەو بکرێن:

١-پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان: پێویستە فراکسیۆنەکانمان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان هاوکاری و هەماهەنگیی یەکتر بکەن لەسەر پرسە نیشتمانی و گرنگەکان و ئەگەر بارودۆخەکە لەبار بێ دەکرێ فراکسیۆنەکانمان لە ژێر چەترێك کۆ بکرێنەوە یان یەك بگرنەوە.

هاوکاری و هەماهەنگی لەسەر پرسی:

١-دەستور، سەرۆکایەتیی هەرێم، سیستمی سیاسی، بودجە، نەوت و چاکسازی.

ب-رێکخستنەوەو بەدامەزراوەیی کردنی پەیوەندی لەگەڵ بەغداو هێز و دەوڵەتە ئیقلیمی و جیهانییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکان.

٢-حکومەتی خۆجێیی لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی راپەڕین و گەرمیان:

١-کاری هاوبەش و هەماهەنگی بۆ سەقامگیریی ئەمن و ئاسایش لە رێی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەوە.

ب-پڕکردنەوەی هەمو پۆستە کارگێڕییەکان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن.

ج-پێداگریی هەردولاو کاری هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی سیستمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان و گێڕانەوەی هەندێ لەو دەسەڵاتانەی براونەتە مەرکەزو رێگرن لە بەردەم ئاوەدانکردنەوەو دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوولاتییانی ئەو ناوچانە.

٣-رێکخستن و ئۆرگانە حیزبییەکان: پەروەردەکردن و هاندانی ئەندام و لایەنگرانی هەردولا لە هەمو ئاستەکان بە گیانی هاوخەباتی و کاری بەیەکەوەیی و یەك هەڵوێستی لەسەر پرسە نیشتمانییەکان و هەڵبژاردنی سەندیکاو رێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان.

٤-راگەیاندن: کارکردن لەسەر دروستکردنی هەڵوێستی هاوبەش و رای گشتی لەسەر پرسە گرنگ و چارەنوسسازەکان کە رەهەندی نیشتمانییان هەیە.

٥-لەسەر ئاستی کوردستان: پشتیوانیکردن لە خەباتی رەوای گەلەکەمان لە بەشەکانی تری کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان و جەختکردنەوە لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی

کورد لە هەمو پارچەکانی کوردستان.

بزوتنەوەی گۆران

٢٠١٦/٣/٣٠

**پاشکۆی ژمارە ٣**

## دەقی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان

دیباجە:

بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕوانگەی باوەڕی تەواوەوە بە پێویستیی ڕێکخستن و پەرەپێدانی دۆستایەتی و پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای ئاشتەوایی و هاوکاری و باوەڕی هەردولا بە پێویستیی بوونی ستراتیجێکی نیشتمانی بۆ دامەزراندنی حوکمڕانییەکی تەندروست و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە یاسا تیایدا سەروەر بێت و لە ڕوانگەی باوەڕی تەواویان بەوەی کە پەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستانەیان لە بەرژەوەندیی هاووڵاتییان و پرۆسەی دیموکراسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری و بەرژەوەندیی هەردوولا دایە، هەردوولا ڕێك کەوتن لەسەر ئەو پرنسیپانەی کە لەم ڕێککەوتنەدا هاتون وەك بنەمایەك بۆ ڕێکخستنی چوارچێوەی گشتیی پەیوەندییەکانیان.

بەشی یەکەم

بنەمای سەرەکی

ماددەی یەکەم:

١-هەردوولا پابەندن بەجێبەجێکردن و پەرەپێدانی ئەم ڕێککەوتنەو پەرەپێدانی زیاتری دۆستایەتی و پەیوەندییە هەمەلایەنەکانیان و دابینکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ پاراستنی دەستکەوتە سیاسی و یاسایی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی گەلەکەمان و یەکڕیزیی ناوماڵی کوردستان و یەکێتی و یەکپارچەیی گەل و خاکەکەی.

٢-هەردوولا جەخت دەکەنەوە سەر ئەوەی کە ئەم ڕێککەوتنە لەپێناوی باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتییان و چاکترکردنی سەرچاوەکانی بژێوییانە.

٣-هەردوولا جەخت دەکەنەوە سەر بەگژداچونەوەی تیرۆرو تیرۆریزم لە ژێر هەر ناونیشانێکدا بێت لە ئێستاو لە داهاتودا.

بەشی دووەم

دەستورو شێوازی حوکمڕانی

ماددەی دووەم:

١-هەردوولا پابەندن بە جێبەجێکردنی سیستمی دیموکراسی و بنەماکانی لە فرەیی، هەڵبژاردنەکان، سەروەریی یاسا، دادپەروەری، مافی مرۆڤ، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و شەفافیەت... هتد.

٢-هەردوولا پابەندن بە پێویستیی سیستمی پەرلەمانی لە کوردستان و ئەم سیستمە بە گونجاوترین سیستم بۆ ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ دەزانن کە تێیدا سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێپرسراوی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت.

ماددەی سێیەم:

هەردوولا پابەندن بە کارکردن بۆ هێنانە دیی دەستورێکی دیموکراتی و مەدەنی، کە مافی هاووڵاتی و ئازادییە گشتییەکان و مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان و سەروەریی یاساو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هاوسەنگیی نێوانیان و دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات دەستەبەر بکات.

ماددەی چوارەم:

١-هەردوولا کۆکن لەسەر چەسپاندن و پەرەپێدانی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە کوردستاندا،

بە شێوەیەك كە ئەنجومەنی پارێزگاكان دەسەڵاتی تەواوی كارگێڕی و دارایی و تەكنیكییان هەبێت بۆ راییكردنی كاروباری پارێزگاكان، ئەمەش لە ڕێگەی هەمواركردنەوەی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی ئەنجومەنی پارێزگاكانەوە.

٢-هەردوولا پابەندی و پشتیوانیی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەكان دەردەبڕن و كار بۆ جێبەجێكردنی دەكەن.

ماددەی پێنجەم:

هەردوولا كۆكن لەسەر لابردنی لەمپەرە یاسایی و سیاسییەكانی بەردەم دامەزراوە شەرعییەكانی هەرێم و دەست بەكاربوونەوەی بێ مەرجی پەرلەمان لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا.

ماددەی شەشەم:

هەردوولا كۆكن لەسەر پێویستیی بەگژداچونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاكسازیی سیاسی و یاسایی و ئابووری و دارایی و كارگێڕی بە مەبەستی چارەسەری ریشەیی بۆ ئەو كێشانەی كە ئەمڕۆ هەرێمی كوردستانی گرتۆتەوە، ئەمەش بە ویستێكی سیاسیی راستەقینەو حوكمڕانییەكی باش و سەروەریی یاساو كاری دامەزراوەیی دێتە دی.

ماددەی حەوتەم:

١-هەردوولا كۆكن لەسەر گرنگیی حوكمڕانیی دامەزراوەیی لەسەر بنەمای شەراكەتی راستەقینە لە نێوان لایەنە سیاسییەكاندا پشت بەستوو بە ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەكان.

٢-هەردوولا پابەندن بە پشتگیری كردنی ژنان و گەنجان لە پرۆسەی سیاسی و حوكمڕانی لە هەرێمدا.

٣-ئەم رێككەوتنە هەماهەنگیی هەردوولا دەرەخسێنێت بۆ پشتگیری كردنی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیكاكان لە سەرجەم بوارەكاندا.

ماددەی هەشتەم:

سەبارەت بە كەرتەكانی پەروەردەو خوێندنی باڵاو تەندروستی و دڵنیایی كۆمەڵایەتی و گشت كەرتە خزمەتگوزارییەكانی دیكە، هەردوولا پابەندن بە ئەنجامدانی چاكسازیی پێویست لەو بوارانەدا لەپێناوی زیاتر خزمەتكردنی هاووڵاتییان و چەسپاندنی بنەماكانی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی و یەكسانیی دەرفەتەكاندا.

ماددەی نۆیەم:

١-هەردوولا جەخت دەكەنەوە سەر گرنگیی كۆتایی هێنان بە پاشماوەو سیماكانی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی كوردستان و دروستكردنی یەك ئیدارە لەسەر بنەمای حوكمڕانیی دامەزراوەیی.

٢-هەردوولا جەخت دەكەنەوە سەر بەتاوان ناساندنی شەڕی ناوخۆو شەڕی دژ بە لایەنە كوردستانییەكان.

ماددەی دەیەم:

هەردوولا پابەندبونی خۆیان بە ڕەوایی شێوەكانی رادەربڕینی مەدەنییانەو ئازادیی رۆژنامەوانی دوپات دەكەنەوەو رێوشوێنەكانی خۆپیشاندان و مانگرتن بە بەشێكی خەباتی دیموكراتی و پیشەیی جەماوەری دەزانن، جەخت لە سەر ئازادیی رادەربڕین بەشێوەیەكی ئاشتییانەو شارستانییانەو دوور لە توندوتیژی دەكەنەوە.

بەشی سێیەم

مافی سەربەخۆیی و ریفراندۆم

ماددەی یانزە:

١-هەردوولا كۆكن لەسەر ئەوەی كەمافی چارەی خۆنووسین و راگەیاندنی سەربەخۆیی مافی گەلی كوردستانە، پێویستە ئامادەكاریی هەمەلایەنەی بۆ بكرێت بە ئەنجامدانی ریفراندۆمیشەوە. ئەم بابەتە بابەتێكی نیشتمانییەو لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییە باڵاكانی گەلی كوردستان لە پەرلەمانی كوردستان

یەکلا دەکرێتەوە.
٢-هەردوولا کۆکن لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنوری ئیداریی هەرێمی کوردستان.

بەشی چوارەم
دەسەڵاتی دادوەری
ماددەی دوانزە:

١-هەردوولا پابەندن بە پێویستیی سەربەخۆکردنی تەواوی دەسەڵاتی دادوەری و دادوەرەکان لە ڕووی وەزیفی و دارایی و کارگێڕییەوە و زیاتر کاراکردنی دەزگـای داواکـاری گشتی و کۆتـایی هێنانی دەسـتـوەردان لە کـاروبـاری دادگـاکـان و پێویستیی هەموارکردنی هەردو یاسای دەسەڵاتی دادوەری و داواکـاری گشتی و سەرجەم یاسا پەیوەندیدارەکان لەپێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا.
٢-هەردولا پشتگیری لە دەسەڵاتی دادوەری دەکەن بۆ دامەزراندنی دادگـای باڵای هەرێم بە سەرجەم تایبەتمەندییەکانەوە.

بەشی پێنجەم
پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ
ماددەی سیانزە:

هـەردوولا کۆکن لەسەر پێویستیی دۆزیـنـەوەی چارەسـەری گونجاو بۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە ڕێی دیالۆگەوە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان.

ماددەی چواردە:

هەردوولا پابەندبونی خۆیان بە گێڕانەوەی کەرکوك و خانەقین و شنگال و ناوچە دابڕێنراوەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان دوپات دەکەنەوەو یەکلاکردنەوەی کێشەی سنوری کوردستان بە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی دەزانن.

بەشی شەشەم
فراکسیۆنەکان و تیمەکانی حکومەت
ماددەی پانزە:

١-هـەردوولا پابەندن بە دروستکردنی ئیئتیلافێك بۆ فراکسیۆنەکانیان لـە پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان و ئەنجومەنی نوێـنـەرانـی عـیـراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان بە مەبەستی هاوهەڵوێستیی سیاسی و یاسایی، ئەم ئیئتیلافەش کراوە دەبێت بۆ بەشداریی فراکسیۆنەکانی دیکە بەپێی پرۆتۆکۆلی تایبەت.
٢-ئـەم ڕێککەوتنە ڕێـگـا بـە هــەردوولا دەدات بـە لیستێکی هـاوبـەش بـەشـداری لـە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عـیـراق و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بکەن.
٣-ئـەم ڕێککەوتنە هـاوکـاری و هەماهەنگیی تیمەکانی هەردوولا لە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتە خۆجێیەکان دەستەبەر دەکات.

بەشی حەوتەم
پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ
ماددەی شانزە:

سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هــەردوولا کـۆکـن لـەسـەر بـەدامـەزراوەیـیـکـردن و بەپیشەییکردنیان و هەموارکردنی یاسای وەزارەتی پێـشـمـەرگـەو یـاسـای وەزارەتــی نـاوخـۆو یـاسـای ئەنجومەنی ئاسایشی هـەرێـمـی کـوردسـتـان یان دەرکردنی یاسای دیکە بۆ ئەو مەبەستە.

بەشی هەشتەم
پەیوەندییەکانی دەرەوە
ماددەی حەڤدە:

هــەردوولا کۆکن لەسەر بـەدامـەزراوەیـی کردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هـەرێـم لـەسـەر بنەمای

هاوسەنگی و بەرژەوەندیی نیشتمانی و ڕێکخستنی بەیاسا.

ماددەی هەژدە:

هەردوولا کۆکن لەسەر ئەوەی:

١-گەلی کوردستان ستراتیجێکی کوردستانی هەبێت بە جۆرێك نەبێتە بەشێك لە شەڕو ململانێی تائیفی لە هەردوو ئاستی عێراق و ناوچەکە.

٢-لەسەر ئاستی کوردستانیش، پشتگیریی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان دەکەین لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لەپێناوی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکاندا.

بەشی نۆیەم

کەرتەکانی ئابووری و نەوت

ماددەی نۆزدە:

سەبارەت بەکەرتەکانی ئابووری و نەوت هەردوولا کۆکن لەسەر:

١-نەوت و گازو کانزاکان و سەرچاوەکانی دیکەی داهات موڵکی گشتین. گەڕان و دۆزینەوەو دەرهێنان و بەکارهێنان و بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن پێیانەوەو داهاتەکانیان بەشێوەیەکی شەفاف و دامەزراوەیی دەبێت، لە ڕێگەی دامەزراوە دەستوورییەکانەوە بە جۆرێك کە مافی نەوەکانی ئێستاو داهاتوو دەستەبەر بکات.

٢-خۆدەربازکردن لە تاك سەرچاوەیی داهات و پەرەدان بە کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار، بازرگانی و ...هتد.

٣-ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای پێویست و هەمووارکردنەوەی یاسا پەیوەندیدارەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قۆرخکاری و کێبڕکێی ناڕەوای سەرجەم بوارەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی.

بەشی دەیەم

ڕاگەیاندن

ماددەی بیست:

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوولا بە گیانی تەباییەوە هەماهەنگیی یەکتر دەکەن بۆ پابەندبون بەم ڕێککەوتنە.

بەشی یانزەیەم

حوکمە کۆتاییەکان

ماددەی بیست و یەك:

لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتنە، مافی ڕێککەوتن یان پەیمان بەستنیان هەیە لەگەڵ لایەنی سیاسیی دیکەدا، بە مەرجێك بە هیچ شێوەیەك ئەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییە پێچەوانە و ناکۆك نەبێت لەگەڵ هیچ کام لە ماددەو بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتنە.

ماددەی بیست و دوو:

ئەم ڕێککەوتنە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و چەسپاندنی پرنسیپەکانی دیموکراسییەو هەر لایەنێکی دیکە بە ڕەزامەندیی هەردوولا بۆی هەیە بێتە ناو ئەم ڕێککەوتنە.

ماددەی بیست و سێ:

پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، هەردوولا دەتوانن پرۆتۆکۆل و پاشکۆی بۆ زیاد بکەن. ئەو پرۆتۆکۆل و پاشکۆیانە پاش واژۆکردنیان، بە بەشێکی جیانەکراوەی ڕێککەوتنەکە دەژمێردرێن.

ماددەی بیست و چوار:

سەرکردایەتییەکی هاوبەش بۆ هەماهەنگی و بەدواداچونی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لە چەند ئەندامێکی هەردوولا پێکدێت و ئەم سەرکردایەتییە بەرپرسیارێتیی ڕێکخستنی پرۆتۆکۆل و پاشکۆکان دەگرێتە ئەستۆو لە کاتی پێویستدا لیژنەی کاتیی تایبەتمەند دروست دەکات.

ماددەی بیست و پێنج:

١-ئەم ڕێککەوتنە پاش واژۆکردن و گۆڕینەوەی دۆکیۆمێنتە واژۆکراوەکانی، کاری پێ دەکرێت.

٢-دەقی تەواوی ڕێککەوتنەکە لە میدیاکاندا بڵاو دەکرێتەوەو ڕای گشتیی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

بزوتنەوەی گۆڕان

نەوشیروان مستەفا ئەمین

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

کۆسرەت رسول عەلی

سلێمانی

٢٠١٦/٥/١٧

## ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی پارێزگارانی کوردستان

پرۆتۆکۆلێکی هاوکاریی سیاسییە لە ٦ی تەموزی ١٩٩٦ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی پارێزگارانی کوردستان، لە ژێر ناونیشانی «پرۆتۆکۆلی دووقۆڵیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی پارێزگارانی کوردستان» گرێ دراوە کە لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە تاڵەبانی واژۆی کردووەو لە لایەن پارتی پارێزگارانی کوردستانەوە عومەر خدر سورچی. پرۆتۆکۆلەکە پاش ٢٠ رۆژ لە روداوەکەی گوندی کەڵەکینی ناحیەی خەلیفانی سەر بە قەزای سۆرانی پارێزگای هەولێر واژۆ کراوە کە تێیدا هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرشیان کردە سەر گوندەکە، ئاگریان تێ بەرداو سەرۆکی خێڵی سورچی حسێن ئاغایان کوشت. ئەم روداوە هاوپەیمانیی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی پارێزگارانی کوردستان دروست کرد.

پارتی پارێزگارانی کوردستان لە کاتی شەڕی ناوخۆدا هەڵوێستێکی بێلایەنی هەبوو و پشتیوانیی لە هیچ یەکێ لە دوو لایەنەکەی شەڕ، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەکردبوو و نەشیدەویست تێوەی بگلێ. پارتی پارێزگاران بەرگەی هەموو ئەو فشارانەی گرت کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە خرابونە سەری بۆ بەشداری پێ کردنی لە شەڕی ناوخۆدا. فاکتەرە مێژوویییەکان رۆڵێکی گەورەیان لە ناسەقامگیریی پەیوەندیی نێوان سورچییەکان و بارزانییەکاندا هەبوو، جگە لەوەی کە ناوچەی سورچیاتی، سەرەڕای ئەوەی کە کەوتبووە ناوجەرگەی قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناوچەیەکی داخراو بوو بە رووی پارتی و دامودەزگاکانیدا. سەربار، بونی بارەگای سەرەکیی پارتی پارێزگارانی کوردستان لە هەولێری ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی لە ئەگەری بونی هەماهەنگی و پەیوەندیی نهێنی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی پارێزگاران دڕدۆنگ کردبوو.

لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٦ دا حسێن ئاغای سەرۆکی خێڵی سورچی، لە کاتێکدا کە لە هەولێرەوە دەگەڕایەوە بۆ گوندی کەڵەکینی سەرچیا، لە بازگەی سپیلك تەقەی لێ کرا. حسێن ئاغا لە هەوڵی تیرۆرکردنەکە رزگاری بوو بەڵام لەم روداوە بە دواوە ئاستی گرژی و دڕدۆنگی لە نێوان سورچییەکان و پارتی پارێزگاران لە لایەك و پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەکی ترەوە زۆر هەڵکشا. شەش رۆژ پاش هەوڵی تیرۆر کردنەکە، هێزێکی گەورەی پارتی دیموکراتی کوردستان گەمارۆی گوندی کەڵەکینی سەرچیای دا کە ماڵی حسێن ئاغای لێ بوو و بە پایەختی سورچییەکان دەژمێردرا، دایە بەر تۆپ و پاشان هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر. لە ئاکامی هێرشەکەدا گوندەکە ئاگری تێ بەر بوو و وێران بوو و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکە کوژران و

بریندار بون. خودی حسێن ئاغا لە ناو گوند شەهید کرا.

روداوەکە لە ناوخۆی کوردستان دەنگی دایەوە. مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا روداوەکەی سەرزەنشت کردو وای گوزارشت لێ کرد کە ئەوەی رویداوە لە هەڵگیرساندنی شەڕێکی دیکەی ناوخۆ کەمتر نیە. هەروەها لیژنەی هاریکاریی نیشتمانیی کوردستان کە بۆ راگرتنی شەڕو هێنانە دیی ئاشتبونەوەی گشتی لە چەند لایەنێك پێك هاتبوو و خودی پارتی پارێزگارانی کوردستان ئەندام بوو تێیدا، لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاند کە دژی بەکارهێنانی زەبروزەنگە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانداو روداوەکەی «ریسواو مەحکوم» کرد. لە سەرێکی ترەوە رێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ لە کوردستان (کوردستان ووٚچ) روداوەکەی بە «پێشێل کردنێکی مەترسیدار» ناو برد. بە هەمان شێوە، فراکسیۆنی سەوزی پەرلەمانی کوردستان روداوەکەی بە توندی شەرمەزار کرد. هەروەها کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانتار عەبدولخالق زەنگەنە روداوەکەی ریسوا کردو داوای بەردانی گیراوەکان و سزادانی تاوانبارەکانی کرد.

لەسەر ئاستی عیراقیش روداوەکە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو و ژمارەیەك لە کەسایەتییە عیراقییەکان بە نوسینی نامەو دەرکردنی بەیاننامەو بڵاوکردنەوەی وتار نارەزایی خۆیان لە کوشتنی حسێن ئاغای سورچی دەربڕی لەوانە دکتۆر مزەفەر ئەرسەلان سەرۆکی پارتی نیشتمانیی تورکمانی عیراق، سەعد ساڵح جەبر سەرۆکی ئەنجومەنی ئازادی عیراق و حەسەن عەلەوی نوسەرو رۆژنامەنوسی ناسراوی عیراق کە لە وتارێکدا لە رۆژنامەی «ریاز»ی سعودی لە ٢٢ی حوزەیراندا باسی ئەوەی کرد کە پاش ئاشتبونەوە «مێژوییەکەی» بارزانییەکان و سورچییەکان لە ساڵی ١٩٩١، حسێن ئاغای سورچی هەرگیز پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد کە هێزەکانی پارتی دیموکرات هێرش بکەنە سەر گوندەکەی.

روداوەکە سەرباری ئەوەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆ دەنگی دایەوەو زۆر نارەزایی لێ کەوتەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو و بە توندی ریسوا کرا، بەتایبەتی کە پارتی پارێزگارانی کوردستان پەیوەندیی نێودەوڵەتیی لەسەر بەرزترین ئاست هەبوو. حکومەتی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا کە لە ئێزگەی «دەنگی ئەمریکا» خوێندرایەوە، بە شێوەیەکی فەرمی نارەزایی بەرامبەر بە هێرشەکەو کوشتارەکەی کەڵەکین دەربڕی و حسێن ئاغای سورچیی وەك کەسێکی «بێلایەن و ئاشتیخواز» ناساند. لە بریتانیاش لۆرد ئێڤبری، سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی بریتانیا، لە بەیاننامەیەکدا داوای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە بکاو میکانیزمێك بۆ دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکەی کەڵەکین بدۆزرێتەوەو لە نامەیەکیشدا بۆ جێرمی هانلی، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوشتارەکەی کەڵەکینی گەیاندە ئاستی کوشتارەکانی دژ بە موسڵمانانی بۆسنیاو وای دەربڕی کە لە هەردوو شوێن تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە. هەر لەم روەوە جێرمی هانلی لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان وتی روداوەکە توشی شۆکی کردووە.

پارتی پارێزگاران لە راگەیەندراوێکی فەرمیدا زۆر بە توندی سەرزەنشتی هێرشەکەی کردو تێیدا ئاماژەی بە هەوڵی تیرۆرکردنی حسێن ئاغای سورچی کرد کە بە «پلانێکی دارێژراو» تەقەی لێ کرابوو و دوای شکستی هەوڵەکە بە چەند رۆژێك هێرشێکی بەربڵاو «بە پاڵپشتی تۆپی قورس» کراوەتە سەر گوندی

کەڵەکینی سەرچیاو لەوێ حسێن ئاغای سورچی شەهید کراوە. بە هەمان شێوە سەروتاری رۆژنامەی «سەربەخۆیی»ی ئۆرگانی پارتی پارێزگارانی کوردستان هێرشەکەی ریسوا کردو نیشانی دا کە هێرشەکە «سەرلەنوێ پرۆسەی بەرقەراربونی ئاشتیی لە کوردستان بەرەو دواوە هەڵبڕی» و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە « لە بەرامبەر هەموو تاوان و دەستدرێژییەك دەوەستینەوە کە بکرێتە سەر چارەنوسی گەلەکەمان و پارتی پارێزگاران».

پاش رواداوەکەی کەڵەکین، نزیکبونەوەیەك لە نێوان پارتی پارێزگاران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاتە ئاراوە. لە تەموزی ١٩٩٦ دا هەردولا لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە پەیوەندییەکانیان لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی نوسراودا رێك بخەن و لەم سەروبەندەدا پرۆتۆکۆلێکی ١١ مادەییان واژۆ کرد کە تێیدا هەردولا پابەند بون بە پاراستنی ئەزمونی دیموکراتیی کوردستان و یەکخستنی هەڵوێستیان بەرامبەر بە رژێمی عیراق «لەپێناوی روخاندنی»، هەروەك هاوڕا بون لەسەر «کۆنترۆڵ کردنی داهاتەکانی کوردستان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە». هەردوو ماددەی ٨ و ١١ی پرۆتۆکۆلەکە رەنگدانەوەی بارودۆخی شەڕی ناوخۆیان پێوە دیارە کە لە یەکێکیاندا (ماددەی ٨) هەردولا بڕیاریان داوە کە هیچ لایەکیان بەشداری لە هیچ بەرەیەکدا نەکات کە «دژ بە لایەنەکەی تر بێ». لەوی تریشیان (ماددەی ١١) لە بڕگەی یەکەمدا هەردولا لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە دەبێ «هاوکاری لە بوارەکانی عەسکەری و پێشمەرگایەتیدا» لە نێوانیاندا بێتە دی و لە بڕگەی دووەمدا بڕیاریان دا کە شەڕو ئاشتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان «پێکەوە بێت». بەپێی ماددەکانی پرۆتۆکۆلەکە، دەشێ رێککەوتنەکە وا بناسرێ کە لەوە تێپەڕیوە کە تەنها رێککەوتنێك بێ بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولاو نزیکە لەوەی کە گوزارشتێك بێ لە هاوپەیمانییەکی سیاسی- عەسکەری.

پرۆتۆکۆلەکە رێی بۆ پەرەپێدان و قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردولا خۆش کرد بە رادەیەك کە لە کانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا، هەردوو حزب، لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان، بەرەیەکی سیاسییان بە ناوی هاوپەیمانیی دیموکراتیی کوردستان راگەیاند.

پاش بەشداری کردنی پارتی پارێزگاران لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان و بەشداری کردنی بە وەزیرێك کە نەجم عومەر خدر سورچییە لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بە شاڵاوێکی توند کرد بۆ گرتن و راونان و دەرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی پارێزگاران. لە نیسانی ١٩٩٧ دا پارتی پارێزگاران لە یاداشتێکی فەرمیدا رێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەرلەمانی ئەوروپای لە شاڵاوەکە ئاگادار کردەوەو داوای لێ کردن هەموو توانای خۆیان بخەنە گەڕ « بۆ وەستاندنی شاڵاوی راونان و دەربەدەرکردنی هاووڵاتییان، بەتایبەتی لایەنگرانی پارتی پارێزگارانی کوردستان».

هەروەها لە تەموزی ١٩٩٨ دا پارتی پارێزگاران پێشوازیی لە هەوڵەکانی ئەمریکا کرد بۆ چەسپاندنی ئاشتییەکی هەمیشەیی لە کوردستان و لە یاداشتێکی فەرمیدا کە ئاراستەی دیڤد وێڵش یاریدەدەری بریکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرابوو، چەند خواستێکی پەیوەست بە رووداوەکەی کەڵەکین پێشکەش کرد لەوانە قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی روداوەکەو گێڕانەوەی موڵك و ماڵی زەوتکراو، دەستوەرنەدان لە کاروباری خێڵی سورچی و دادگایی کردنی ئەوانەی دەستیان

له رووداوەکەدا هەبووە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان.

## پاشکۆی ژمارە ١

## ڕاگەیەندراوی پارتی پارێزگارانی کوردستان دەربارەی ڕوداوی کەڵەکین جەماوەری خۆڕاگری کوردستان حزبە تێکۆشەرەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان

ئەندام و لایەنگرانی پارتی پارێزگارانی کوردستان ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی عەشیرەتی سورچی و گشت عەشیرەتە بەشداربووەکان

وەك هەموو لایەکتان ئاگادارن ڕۆژی دوشەممەی ڕێکەوتی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٦ کاتێك بەڕێز حسێن ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی سورچی لە شاری هەولێرەوە بۆ ماڵی خۆی لە گوندی کەڵەکینی سەرچیا دەگەڕایەوە، لە بازگەی سپیلك لە لایەن تاقمێکی گومانلێکراوو خۆفرۆشی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بە پلانێکی داڕێژراو، بۆسەی بۆ نرایەوە بە مەبەستی شەهیدکردنی. بەڵام هاوکات ڕۆڵە بەجەرگەکانی عەشیرەتی سورچی بە فریای دەکەون و لە دەست چەتەکان ڕزگاری دەکەن. لە ئەنجامی ئەم ڕوداوەدا، گرژی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی پارێزگارانی کوردستان دروست بوو. بۆ بەرگرتن لە تەشەنە سەندنی ئەم گرژییە، حزب و کەسایەتییە ناسراوە ئاشتی پەروەرەکانی کوردستان کەوتنە جموجوڵ نواندن لە پێناوی ئاسایی کردنەوەی ئەو بارە گرژەو لەو ڕێگەیەدا لیژنەی هاریکاریی نیشتمانیی کوردستان ڕۆڵی جوامێرانەی خۆی لە پەیوەندی کردن بە هەردوو لاوە بینی. لە ئەنجامدا ڕێکەوتی ١١ی حوزەیرانی ١٩٩٦ مەکتەبی سیاسیی پارتی بەڵێنی بە لیژنەی هاریکاری دا کە پەرۆشی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەیە. ئەم قسەیەش ڕاستەوخۆ لە زاری سەرۆکی پارتی وەرگیرا کە کێشەکە زوو چارەسەر دەکرێ. ئەو دیسان بەڵێنی بە دەوڵەتانی دەوروبەریش دابوو کە ئاشتییانە چارەسەری ئەم تەنگژەیە دەکات.

ئەی جەماوەری کوردستان

شەوی ١٥ لەسەر ١٦ ی حوزەیران پارتی لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنییەوە پڕۆژەیەکی فریودەرانەی بە ناو ئاشتیخوازانە بڵاوکردەوە گوایە پەرۆشی ئاشتییەو نایەوێ شەڕ لە کوردستان بەرپا بێ، کەچی پارتی پلانی گرتنی کەڵەکینی دادەڕشت و چەکداری لە بادینان و شوێنە دورەکان کۆدەکردەوە. بەمەش نیازی شەڕخوازانەی زیاتر ئاشکرا کردو ئەو بەڵێنانەی دابوی لێی پاشگەز بۆوەو لە سەعات ٥,٣٠ ی بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٩٦ هێزێکی گەورە بە پاڵپشتی تۆپی قورس و ئەو چەکانەی کە دیاریی بەعسن بۆ پارتی، هێرشی کردە سەر گوندە خۆڕاگرو نیشتمانپەروەرەکەی کەڵەکین. لە شەڕێکی نابەرابەردا خەڵکی گوند بە ژن و پیاوو پیرو گەنجەوە سەنگەریان لە ئاشبەتاڵچییان گرت. پاش چەندین سەعات بەرگری و تۆمارکردنی داستانی پڕ سەروەری، بە تۆپی قورس ئەم گوندەیان ئاگر تێ بەردا. مەگەر بەعسییە فاشییەکان ئاوایان بە گەلی کورد کرد بێ. لەم شەڕەدا بە داخێکی گرانەوە بەڕێز حسێن ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی سورچی لە دوای بەرگری کردنێکی بوێرانەو داکۆکی کردن لە شەرەف و کەرامەت و خاکی نیشتمانەکەی شەهید دەکرێ. تەنانەت تەرمی پیرۆزیشیان لەگەڵ خۆیان بردەوە.

ئەی ئاشتیخوازان

ئەی جوامێر ئاساکانی عەشیرەتی سورچی

بە شەهیدکردنی سەرۆکی عەشیرەتی سورچی، ئەم عەشیرەتە لە خەباتی نەپساوەی کوردایەتیی خۆی ناکەوێ، بەڵکو خوێنی بەناهەق رژاوی دەبێتە گڕکانی رق و تۆڵەی بەردەوامبون و سوربونمان لەسەر رێبازی شەهیدانمان، تۆڵەی خوێنی رژاوی حسێن ئاغاو ژن و منداڵی گوندی کەڵەکین بە ریشەکێش کردنی یەکجارەکیی تاوانباران دەکرێتەوە.

بەڵێن دەدەین بەردەوام بین لەسەر رێرەوی ئاشتییانەی پارتی پارێزگارانی کوردستان و گەڕانەوەی گیانی برایەتی بۆ جەستەی کوردستانی بریندارمان.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدی نەمر حسێن ئاغاو گشت شەهیدانی کوردستان.

مردن و رووڕەشی بۆ شەڕخوازان.

مەکتەبی سیاسیی

پارتی پارێزگارانی کوردستان

**١٩٩٦/٦/١٦**

## پاشکۆی ژمارە ٢

## بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی روداوەکەی کەڵەکین

کۆمەڵانی خەڵکی خۆڕاگری کوردستان

حزب و رێکخراوە سیاسییەکان

ئاشتیخوازان

لە کاتێکدا کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ئومێدی گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری بون بۆ کوردستان، رێك لەو کاتەدا پارتی دیموکراتی (یەکگرتوی) کوردستان ئەم تروسکاییە ئومێدەشی لەناو بردو شەڕێکی دیکەی ناوخۆی هەڵگیرساند. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەند رۆژێك لەمەوبەر هەوڵیدا رێ لەو ئاژاوەگێڕی و لەو شەڕە بگرێ، ئەویش لە رێی زنجیرەیەك پەیوەندییەوە لەگەڵ لیژنەی هاریکاریی نیشتمانیی کوردستان و حزبە کوردستانییەکان و کۆمیتەی سێقۆڵی و کەسایەتییە ناسراوەکانی شاری هەولێر بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن وا لەپارتی بکەن دەستبەرداری نیازە شەڕانگێزییەکانی بێ، ئاگری شەڕێکی دیکەی ناوخۆ هەڵنەگیرسێنێ و واز لە شەڕفرۆشتن بە پارتی پارێزگاران بێنێ، بەتایبەتی کە ئەم حزبە ئەندامی لیژنەی هاریکاریی نیشتمانیی کوردستانە کە هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ کوژاندنەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆ خستۆتە گەڕ.

پەلاماردانی پارتی پارێزگاران و خێڵی سورچی لە لایەن سەرکردایەتیی پارتییەوە نەك هەر کارێکی ناڕەوایە، بەڵکو هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕێکی دیکەی ناڕەواشە کە زۆرترین زیان لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردو کوردستان دەداو خزمەت بە دوژمنانی گەلی کورد دەگەیەنێ.

بەڵام پێدەچێ پارتی نەیەوێ دەستبەرداری ئەو رێبازە بێ کە لە روی مێژوییەوە لەسەری راهاتووەو ئەمجارە ئەوەی کردۆتە بیانوو بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی تر لە دژی پارتی پارێزگاران و خێڵی سورچی کە گوایە ژمارەیەك لە ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دێهاتەکانی ناوچەی سورچییاتی دان.

ئێمە لە کاتێکدا کە هێرشی چەکدارانی پارتی بۆ سەر خێڵی سورچی و بەتایبەتی بۆ سەر گوندی کەڵەکین ریسوا دەکەین، رایدەگەیەنین کە ئێمە ناتوانین لە ئاستی ئەم تاوانە و لە ئاستی شاڵاوەکانی پارتی بۆ سەر بارەگای پارتی پارێزگاران و خێڵی بێلایەنی سورچی بێدەنگ بین، هەروەك ناشتوانین لە ئاستی شاڵاوەکانی پارتی بۆ سەر دۆستان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو

ناوچەیە، دەستەوەستان بوەستین.
مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١٩٩٦/٦/١٦
تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## پرۆتۆکۆلی دوقۆڵیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی پارێزگارانی کوردستان

لە دوای چەند کۆبونەوەیەکی دوقۆڵی لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی پەیوەندییەکانی هەردولا، بڕیار درا هەردولا بەپێی ئەم پرۆتۆکۆلە پەیوەست بەم خاڵانەی خوارەوە بن و هەردوکیان جێبەجێی بکەن:

١-پاراستنی ئەزمونی دیموکراتیی گەلی کوردستان لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و هەوڵدان بۆ پەرەپێدان و بەرەو پێش بردنی و پێکەوە بەرگری کردن لە هەموو مەترسییەك کە دەکەوێتە سەر ئەزمونەکەمان.

٢-هاوهەڵوێستیی هەردولا بەرامبەر بە رژێمی فاشیستی بەغدا لەپێناوی روخاندنی و بەرپابونی پەیڕەوێکی دیموکراتیی فیدرالیی فرەحزبی.

٣-هاوهەڵوێستیی هەردولا لە بواری پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتە ئیقلیمییەکان و رێکخستنی ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنەمای هاوسێیەتیی چاك و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پەیمان و عورفی نێودەوڵەتان و هەڵسوکەوت کردن بەپێی ئەو پرنسیپانە.

٤-پشتگیریی هەردولا بۆ کۆنترۆڵ کردنی داهاتەکانی کوردستان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوەو شێوەی خەرج کردنی بەپێی قانون.

٥-رێزگرتن و داکۆکی کردن لە رای سیاسیی یەکترو هاوکاری لە بواری سیاسی و پشتگیری کردن لە مافە سەرەتاییەکانی کۆمەڵانی خەڵك و مافە دیموکراتییەکان و چەسپاندنی یاساکان و جێبەجێ کردنیان.

٦-هاوکاری لە بواری راگەیاندندا.

٧-ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو بۆچون دەربارەی ئەو روداوە سیاسییانەی دێنە پێش لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق و ناوچەکەو جیهان.

٨-بەشداری نەکردن لە هەر بەرەیەك کە دژ بە لایەنەکەی تر بێ.

٩-پارتی پارێزگارانی کوردستان:
أ-بەشدار بێ لە دەزگاکانی هەرێم.
ب-حکومەتی هەرێم یارمەتیی بدات.

١٠-کۆبونەوەی دەوریی هەردولا لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و خواروتر.

١١-
أ-هاوکاری لە بوارەکانی عەسکەری و پێشمەرگایەتیدا.
ب-ئاشتی و شەڕمان لەگەڵ پارتی پێکەوە بێت.

عومەر خدر سورچی جەلال تاڵەبانی
١٩٩٦/٧/٦

## پاشکۆی ژمارە ٤

## نامەی پارتی پارێزگارانی کوردستان بۆ دیڤد وێڵش

سلێمانی- کوردستان عیراق ١٩٩٨/٧/١٧
بەڕێز دیڤد وێڵش یاریدەدەری بریکاری وەزارەتی

دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سڵاوێکی گەرم

بەخێر بێن بۆ کوردستانی عیراق و بە ڕێزو پێزانینەوە دەڕوانینە ئەرك و ماندوبونتان.

ئێمە زۆر سوپاسگوزاری حکومەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانین کە رۆڵێکی ئەرێنی بۆ چەسپاندنی پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبونەوەی گشتی لە کوردستانی عیراق دەگێڕن. لە سۆنگەی باوەڕمانەوە بە بەشداری کردن لە سەقامگیرکردنی بنەماکانی ئاشتی، بە پێویستی دەزانین هەندێ پێشنیار بۆ بەڕێزتان بەرز بکەینەوەو ئومێدەوارین بەڕێزتان و حکومەتە ڕێزدارەکەتان رۆڵێکی ئەرێنیتان سەبارەت بەو نەهامەتییە هەبێ کە بەسەر حزب و خێڵەکەماندا هاتووە، بە رەچاوکردنی ئەو هەموو زیانەی کە لە روداوەکەی ١٦ ی حوزەیرانی ١٩٩٦ی کەڵەکین کەوتۆتەوە.

مەرجەکان:

١-ئومێدەوارین ئەو ئاشتبونەوە گشتییەی کە دێتە دی، بە سەرپەرشتیی ئێوەی بەڕێز بێت و لە لایەن حکومەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە گەرەنتی بکرێت.

٢-پێشنیار دەکەین سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەك یان رونکردنەوەیەك دەر بکات، تێیدا دڵگرانیی خۆی لە روداوەکەی کەڵەکین دەربڕێ، ئەو کەسانە دیاری بکات کە دەستیان لە روداوەکەدا هەبوەو بیانداتە دادگا بۆ ئەوەی سزای رەوای خۆیان وەرگرن.

٣-دەستبەجێ قەرەبوکردنەوەی هەموو ئەو زیانەی کە بە هۆی روداوەکەی کەڵەکین و روداوەکەی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ وە لێمان کەوتووەو گێڕانەوەی هەموو موڵك و ماڵی شەخسی و حزبی، ئەویش لە رێی لیژنەیەکی بێلایەنەوە بە سەرپەرشتیی بەڕێزتان بۆ دیاریکردنی سەرجەم زەرەرو زیانەکان.

٤-گێڕانەوەی هەموو تاك و خێزانەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان بە بێ هیچ مەرجێك و دەستەبەرکردنی سەلامەتی و کەرامەتیان.

٥-گەرەنتی کردنی دەستێوەرنەدان لە کاروباری خێڵی سورچی، مەگەر بە شێوەیەکی فەرمی بێ و سەلماندنی ئازادیی کاری سیاسی بۆ حزبەکەمان لە ناوچەکانی خۆیدا.

٦-دەستەبەرکردنی بەشداریی حزبەکەمان لە حکومەتی راگوزەرو دەستە ئیدارییەکانی تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی ئازاد بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدرێ.

ئومێدەوارین هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەم هەوڵە ئاشتیخوازییەدا هاوکار بن. لە کۆتاییدا رێزی تایبەتمان بۆ یارمەتی و تێگەیشتنتان هەیە.

عومەر خدر سورچی

سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان

تێبینی: دەقەکە لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی.

## رێککەوتنی هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

رێککەوتنی ئاشتیی ساڵی ١٩٨٦ی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە تاران واژۆ کراوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی بە جموجوڵێکی دیپلۆماتکارانەو میدیایی بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ لایەنە پێکهێنەرەکانی بەرەی جود کردبوو، بەڵام هیچ کام لەو لایەنانە بەپیر هەوڵەکەوە نەچوو، بۆیە هەوڵەکە هیچی لێ نەکەوتەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە

لەو کاتەدا هەلومەرجەکە هێشتا بۆ ئاشتبونەوەی گشتی لەبار نەبوە.

لە ساڵی ١٩٨٦دا جموجوڵەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئاشتبونەوە هەنگاوێکی گرنگی بۆ پێشەوە هەڵهێنا، کاتێك یەکێتیی نیشتمانی و حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەستەڵەکی نێوانیان تواندەوەو هەڵسوڕانێکی دیپلۆماتکارانەی چوست و چالاکیان ئەنجام دا کە لە کۆتاییدا بە واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی ئاشتی کۆتایی هات. پرۆتۆکۆلەکە ڕێی بۆ ئاشتبونەوەی گشتی خۆش کرد. حزبی سۆسیالیستی کوردستان ڕۆڵێکی دیاری بۆ سازکردنی کەش و هەوایەکی هێمن بۆ لێك نزیکبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان گێڕا. هەرچەند یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە شێوەیەکی دینامیکیتر مامەڵەی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتبونەوەدا دەکردو هەرچەند حزبی سۆسیالیست لەم ڕووەوە هەموو وزەو توانای خۆی بۆ هاندانی هەردولا بۆ ئاشتبونەوە تاقی کردبۆوە، بەڵام سەرخستنی پرۆسەی ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات پێویستی بە دەستێوەردانی لایەنێکی کاراترو کاریگەرتر بوو. هەر ئەو ساڵە ئێرانییەکان کە بەو ئومێدە بون جەنگ لە دژی عیراق بە قازانجی خۆیان بە لایەکدا بخەن، بەو ئاکامە گەیشتن کە بەرژەوەندیی ئێران لەوە دایە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشت بکەنەوە بۆ ئەوەی هەردوکیان بتوانن ڕۆڵێکی کاراتر لە قۆناغی دواییینی جەنگەکەدا بگێڕن. سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی ئێران عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی ڕۆڵێکی دیاری لە پرۆسەکەدا گێڕا. یەکەم هەوڵی فەرمی و ئاشکرای ئێران بۆ وروژاندنی پرۆژەی ئاشتبونەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك ئێرانییەکان لە پەراوێزی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاوکاریی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاران، ئەم بابەتەیان لەگەڵ تاڵەبانی کردەوەو ئەوەیان لێ بیست کە هیچ بەربەستێك بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ پارتی دیموکرات نیە، بەتایبەتی ئەگەر ئێران ڕۆڵی ناوبژیوان بگێڕێت.

ناوبژیوانیی ئێران سەرکەوتوو بوو لە گەیاندنی هەردولا بە سازان. لەو ماوەیەدا شاندی یەکێتیی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی و شاندی پارتی دیموکرات بە سەرۆکایەتیی ئیدریس بارزانی لە تاران چاویان بە یەکتری کەوت و لە ماوەیەکی پێوانەییدا گەیشتن بە ڕێککەوتن. لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦دا هەردوو شاند ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکرد، تێیدا مەبەستی ڕێککەوتنەکەیان ڕون کردەوە. لە ڕاگەیەنراوی هاوبەشی کۆبونەوەکەدا هاتبوو کە هەردولا کاریان کردووە بۆ «چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و داڕشتنی بنچینەو ڕێوشوێنی پەیوەندیی دۆستانەو هاوکاریی نێوانیان ڕوو لە کۆکردنەوەو یەکخستنی هەموو هێزو توانای گەل و وڵاتەکەمان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی لە عیراقداو مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان».

لە وتوویژەکاندا هەردولا لەسەر چەند خاڵێك ڕێك کەوتن لەوانە بەگەڕخستنی هەموو تواناکانیان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس، دابینکردنی ئازادیی چالاکیی سیاسی و عەسکەری و ڕێکخراوەیی بۆ هەردولا لە کوردستانداو کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ. لە ڕاگەیەنراوە هاوبەشەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە کێشەو ناکۆکیی ناو جوڵانەوەی کورد «هۆیەکی کاریگەرو کۆسپێکی گەورە» بووە لەبەردەم گەشەکردنی جوڵانەوەی کورد. هەر ئەو ڕۆژە هەردولا ڕێککەوتنی هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان واژۆ کرد کە لە ناوەڕۆکدا بریتی بوو لە ڕێککەوتنێك بۆ

ئاشتبونەوەو ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانیان.

لە ڕووی سیاسییەوە هەردوولا لەسەر ئەم خاڵانە ڕێك کەوتن:

١-هیچ لایەکیان لە دژی لاکەی تر ناچێتە ناو هیچ هاوپەیمانییەکی سیاسی.

٢-یەکخستنی هەوڵەکان بۆ روخاندنی رژێمی بەعس.

٣-هەماهەنگیی سیاسی.

٤-پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکان.

٥-شۆڕکردنەوەی گیانی ڕێککەوتنەکە بۆ ئاستەکانی خوارەوە.

٦-هەوڵدان بۆ یەکخستنی ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

٧-هەوڵدان بۆ یەکخستنی لایەنە کوردستانییەکان و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی فراوان لە عیراقدا.

لە ڕووی عەسکەرییەوە هەردولا لەسەر ئەم خاڵانە ڕێك کەوتن:

١-ئازادکردنی چالاکیی سیاسی و عەسکەری و راگەیاندن لە هەموو ناوچەکاندا.

٢-ئازادکردنی بوونی هێزی پێشمەرگەی هەردولا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتریدا.

٣-هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی چالاکیی هاوبەش لە بواری پێشمەرگایەتیدا.

٤-ئازادیی پەیوەندی کردنی پێشمەرگەی هەر لایەك بەبێ چەك بەلاکەی ترەوە.

٥-هێشتنەوەی مەسەلەی حوکمڕانیی ناوچەکان و کاروباری گومرگ وەکو خۆی.

٦-پێکهێنانی دادگای هاوبەش.

لەبواری میدیاییدا هەردوولا لەسەر ئەم خاڵانە ڕێك کەوتن:

١-راگرتنی هێرشی میدیایی بۆ سەر یەکتری.

٢-سازکردنی هەڵمەتێکی هاوبەشی میدیایی بۆ چەسپاندنی گیانی ڕێککەوتنەکە لە خوارەوە.

٣-قەدەغەکردنی رەخنە گرتن لە یەکتری لە دەزگاکانی راگەیاندن.

٤-هاوکاری کردنی میدیای یەکتری لە ڕووی تەکنیکییەوە.

لە کانونی یەکەمی ١٩٨٦دا شاندی هەردولا لە بارەگای تاڵەبانی لە گوندی یاخسەمەر لە دۆڵی جافەتی کۆ بونەوەو وتووێژێکی چڕوپڕیان بۆ هەڵهێنانی هەنگاوی کردەیی بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە کردو لەم سەروبەندەدا مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیاریان تاوتوێ کرد کە مەسەلەی چونی هێزەکانی هەر لایەکیانە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوی تر. کۆبونەوەکە میکانیزمی گونجاوی بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆسەکە پێشنیار کردو بڕیاریدا کۆمیتەی هاوبەش لە لقەکانی پارتی دیموکرات و مەڵبەندەکانی یەکێتیی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی پێك بهێنرێ، هەروەك بڕیاریش درا هاوکاریی میدیایی لەنێوان هەردولادا بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباس و چالاکییە سیاسی و عەسکەرییەکانی هەردولا لە ئێزگەو بڵاوکراوەکانی هەردولا بهێنرێتە دی. راگەیەندراوی هاوبەشی کۆبونەوەکە رونی کردەوە کە ڕێککەوتنی واژۆکراوی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات دەبێ « لە هەموو بوارەکانی خەباتی هاوبەشماندا رەنگ بداتەوە».

هەروەها لە نیسانی ١٩٨٧ هەردولا لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکەدا لە دەرەوەی وڵات، زنجیرەیەك کۆبونەوەیان گرێداو بڕیاریان لەسەر ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان و هەماهەنگ کردنی هەڵوێستە سیاسییەکانیان لە وڵاتانی ئەوروپا داو لەم روەوە لەسەر چەند میکانیزمێکی گونجاو ڕێك کەوتن.

ڕێککەوتنەکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی تێدا نەبوو، بەڵام ئاماژەیەکی گرنگی تێدا بوو بۆ سازکردنی زەمینەی لەبار بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە ئایندەدا. ڕێککەوتنەکە ڕۆڵێکی دیاری لە دروست کردنی متمانە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتدا هەبوو. دواتریش زەمینەیەکی گونجاوی بۆ سەرخستنی پرۆژەی بەرەی کوردستانی ساز کرد.

## پاشکۆی ژمارە ١

### دەقی ڕێککەوتنی هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦ وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق بەسەرۆکایەتیی هەڤاڵ ئیدریس بارزانی و وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ مام جەلال کۆ بوونەوە لە پێویستیی داڕشتنی شێوەی کارو ڕێوشوێنی قووڵ کردنەوەو پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانەی نێوانیان کۆڵییەوە روو لەمەبدەئی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو داوو دەزگاکانی شۆڕش، پێك هاتن لەسەر:

لایەنی سیاسی:

١-هیچ لایەك لەم دوو لایەنە دژی یەکتری لەگەڵ لایەنێکی سێهەم داخلی هیچ جۆرە میحوەرێکی سیاسی یان ئیتتیفاقێکی سیاسی نەبێ.

٢-هەردولا هەوڵ بدەن گەشە بە خەباتی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان بدەن بۆ روخاندنی رژێمی بەعسی عەفلەقیی عیراق و مسۆگەرکردنی مافی رەوای گەلی کورد.

٣-لەهەموو کاروبارێکی شۆڕشی گەلەکەمان تەنسیقی هاوبەش بکەن بەتایبەتی لە هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ هێزە عیراقی و دۆستەکاندا.

٤-کۆبونەوەی دەوریی کۆمیتەی بەرزی هاوبەش بەلایەنی کەمەوە ساڵی دوو جار بۆ قوڵکردنەوەو پتەوکردنی پەیوەندیی دوقۆڵی و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفت و مەسەلە گرنگانەی لە ڕەوتی خەباتدا دێنە پێش، بگیرێ.

٥-شۆڕکردنەوەی گیانی ئەم ڕێککەوتنە بۆ هەموو ئاستەکان و حورمەت گرتن لە ڕێکخستن و ئەندامان و لایەنگرانی یەکتر.

٦-هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزەکانی کوردستانی عیراق و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی فراوانی عیراقی.

لایەنی عەسکەری:

١-ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەردولا بۆ چالاکیی سیاسی، عەسکەری، ڕێکخراوەیی و راگەیاندن ئازادن. دەبێ هەردولا یارمەتیی یەکتر بدەن تا ڕێکخراوو هێزەکانیان لەو ناوچانە بتوانن بە چاکی دەوری خۆیان بنوێنن بێ ئەوەی کۆسپ بۆ یەکتر ساز بکەن.

٢-هێزو ڕێکخراوەکانی هەردولا کە دەچنە ناوچەی یەکتر، دەبێ ئاگاداری یەکتر بکەن و پێکەوە تەنسیق بکەن.

٣-هەردولا هەوڵ بدەن چالاکیی هاوبەشی پێشمەرگانە بکەن تا زەمینەی هاوکاریی هەمەلایەنەو برایەتی بۆ پێشەوە بچێ و کاری ئیجابی لە کۆمەڵانی خەڵك و هێزی پێشمەرگە بکا، بۆ زەمینە خۆش کردنی یەکخستنی پێشمەرگە لە ئایندەدا.

٤-بۆ پێشمەرگەی هەردولا هەیە خۆیان بگوازنەوە بۆ لای ئەوی تر بەبێ چەك مەگەر چەکەکە بەڵگە هی خۆی بێ، بەمەرجێ ئەوە رەچاو بکرێ کە تاوانی دەرهەق لایەك لەو دوو لایەنە نەکردبێ.

٥- لە مەسەلەی حوکمڕانیی ناوچەکان و گومرگدا تا هەلومەرجێکی لەبارتر (پێکدێ)، دەبێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکتردا، واقیعی ئێستا حورمەت بگرن.

٦- پێکهێنانی دادگای هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەلانی خەلك.

لایەنی ڕاگەیاندن:

١- ڕاگرتنی هەموو جۆرە کارێکی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە، بە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، لە دژی یەکتر.

٢- هەلمەتێکی ڕاگەیاندنی هاوبەش بەهەموو جۆرو لە هەموو ئاستەکان بکرێ، هەم بۆ چەسپاندنی گیانی ئەم ڕێککەوتنە و گەشەپێدانی، هەم بۆ ناساندنی مەسەلەی کوردو جولانەوەکەی و مافە ڕەواکانی لە ناوەوەو دەرەوەی ولات.

٣- ڕەخنە گرتن لە یەکتر لە کۆبونەوە هاوبەشەکان نەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٤- هاوکاریی ڕاگەیاندن لە ڕوی تەکنیکییەوە.

لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە
ئیدریس بارزانی

لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە
جەلال تالەبانی
١٩٨٦/١١/٨

## پاشکۆی ژمارە ٢

## ڕاگەیەنراوی هاوبەشی کۆبونەوەی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦

ڕۆژی ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦ وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق بەسەرۆکایەتیی هەڤال ئیدریس بارزانی و وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هەڤال مام جەلال کۆبونەوەی هاوبەشیان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و دارشتنی بنچینەو ڕێوشوێنی پەیوەندیی دۆستانەو هاوکاریی نێوانیان روو لە کۆکردنەوەو یەکخستنی هەموو هێزو توانای گەل و ولاتەکەمان بۆ روخاندنی رژێمی بەعسی عەفلەقی لە عیراقداو مسۆگەرکردنی مافە رەواکانی گەلەکەمان.

میوانداری کردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەردوو وەفدەکەو پشتیوانی کردنی لە یەکێتیی هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان و خۆشحالی و دەوری ئیجابیی لە پێکهاتنی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شایانی سوپاس و ڕێزلێنانە.

لەو کۆبونەوە گرنگەدا وەفدی هەردولا بەگیانی بەرزی هەست کردن بە مەسئولیەت و بە ڕاشکاوی لە مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە دوان، بەر لە هەمویان پێویستیی یەکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عیراق و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی فراوانیی عیراق و کۆتایی هێنان بە جەنگی ناڕەوای عیراق دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە روخاندنی رژێمی فاشیستی عیراق و بەدی هێنانی ئەرکەکانی ئەمڕۆی خەبات و مافی رەوای گەلی کورد.

لە ئەنجامی گفتوگۆی برایانەو دلسۆزانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك هاتن لەسەر:

١-هەولی تەواوو بەردەوام بۆ بەگەڕخستنی هەموو توانای هەردولا بەرەو روخاندنی رژێمی بەعسی عەفلەقیی عیراق.

٢-دابین کردنی ئازادیی چالاکیی سیاسی، عەسکەری و ڕێکخراوەیی هەردوولا لە هەموو

ناوچەكانی كوردستانی عیراق بۆ گەشەپێدانی خەبات.

**٣-**وەستاندنی چالاكیی راگەیاندنی هەردوولا لە دژی یەكتر، چ چالاكیی راستەوخۆ بێت چ ناڕاستەوخۆ.

**٤-**رێگەگرتن لە شەڕی براكوژی و حەرام كردنی.

هەروەها رێككەوتنێكی هەمەلایەنەی سیاسی، عەسكەری و ئیعلامیی دووقۆڵی مۆر كراو كۆمیتەی بەرز لە سەركردایەتیی هەردولا دیاری كرا بۆ دانانی رێوشوێنی جێبەجێ كردنی رێككەوتنەكەو گەشەپێدانی پەیوەندیی نێوانیان.

جەماوەری خەڵكی كوردستان

كێشەو ناكۆكیی ناو جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەكەمان بەگشتی و كێشەو ناكۆكیی نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان- عیراق و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بەتایبەتی، هۆیەكی كاریگەرو كۆسپێكی گەورە بوو لەسەر رێگەی گەشەكردن و بۆ پێشەوە چونی جولانەوەی گەلەكەمان، لەسەر رێگەی كۆكردنەوەو بەگەڕخستنی بەشی هەرە فراوانی كۆمەلانی خەڵكی كوردستان، پێكهاتن و هاوكاریشیان بایەخێكی گرنگ و شوێنەواری كاریگەر لەو بوارەدا دەخاتەوەو دۆست و دوژمنەكانی گەلەكەمان دەجولێنێ. بۆیە بە یەك دەنگ داوا لە كۆمەلانی خەڵك و لایەنە سیاسییەكان و تێكۆشەران و پێشمەرگە قارەمانەكان دەكەین دڵسۆزانەو هۆشیارانە پشتیوانی لە سەركەوتنی ئەم رێككەوتنە بكەن و وریای پیلان و دەستێوەردانی دوژمنان بن.

ئیدریس بارزانی
لەبری پارتی دیموكراتی كوردستان- عیراق
جەلال تالەبانی
لەبری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان
١٩٨٦/١١/٨

## پاشكۆی ژمارە ٣

### سەروتاری رۆژنامەی «رزگاری» دەربارەی رێككەوتنی هاوكاریی نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان

مێژوی گەلی كوردستان مێژویەكی پڕ تاقیكردنەوەیەو پەندی بەنرخی تێدایە كە شایانی ئەوەیە هەمیشە لەبەرچاو بێ و سودیان لێ وەربگیرێ. یەكێ لەو تاقیكردنەوانەش كە چەندین جار دوپات بۆتەوە، ئەوە بووە دوژمن بەردەوام هەوڵی داوە دوبەرەكی لە ناو ریزی خەڵكی كورد دروست بكات و كێشەو ناكۆكییەكان بقۆزێتەوە بە مەبەستی لاوازكردنی بزوتنەوەكەی.

هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتەكانی كۆنەوە تا ئەم سەردەمەی عەفلەقییەكان هەر هەوڵێك بۆ یەكخستنی ریزەكانی گەلی كوردو كۆكردنەوەی لە ژێر یەك ئالاو لە ناو یەك چوارچێوە درا بێ، زەبرێكی كوشندەو كاریگەر بووە ئاراستەی دوژمن كراوەو هەنگاوێكی گرنگیش بووە روەو سەركەوتن.

شتێكی رون و ئاشكرایە كە گیانە شۆڤێنییە پڕ رق و كینەكەی حزبی عەفلەقییەكان هەر تەنها بەرامبەر بە هێزە سیاسییەكانی كوردستان نیە، بەڵكو دژ بە هەموو گەلی كوردە. ئەم حزبە رەگەزپەرستە كوردستان بە خاكی كورد دانانێ و هەموو هەوڵ و تەقەللای بۆ تواندنەوەو بلاوە پێ كردنی گەلی كوردە. جا نەك هەر دانانی ستراتیجێكی یەكخستوو بۆ سەركەوتنی خەباتی گەلی كوردستان و هێنانە دیی ئامانجەكانی پێویستی بە یەكبونی هێزەكانی كوردستان هەیە، بەڵكو پاراستنی خەڵكی كوردو دانیشتوانی كوردستانیش بەگشتی پێویستی بەم یەكێتییە هەیە.

لەم قۆناغە ناسکەی کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد پێیدا تێپەڕ دەبێ، یەکگرتن و یەکخستنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێداویستییەکی گرنگ و خواستێکی گەورەی جەماوەرە. بۆیە ئەو رێککەوتنەی کە هێزە بەرهەڵستکارەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردستان دەیهێننە دی، کە دواییەکەیان رێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، پێویستە بە خوێن پارێزگاریی لێ بکرێ و هەنگاوێك بێ بۆ دروست کردنی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان.

جا لەبەر ئەوە، ئەم رێککەوتنانەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زەبرێکی کوشندەو کاریگەر بون ئاراستەی رژێمی عەفلەقییەکان کران و پێویستیی سەر شانی هەموو لایەکمانە ئاگاداری پیلان و دەسیسەکانی دوژمن بین و هەموو ئەو کون و کەلەبەرانە بگرین کە بوار بۆ دەستێوەردان و کۆسپ نانەوە دروست دەکەن چونکە دوژمنی فاشیست ئەگەر ئەمڕۆ نەشتوانێ سیاسەتە رەگەزپەرستییەکەی دەرهەق بە کورد جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەیە کە بارودۆخی ئەو جەنگەی لە دژی ئێران هەڵی گیرساندووە تا رادەیەك دەستی بەستووە. جا هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێ و ئەم جەنگە کۆتایی پێ بێت و ئەو رژێمە لەسەر حوکم مابێ، ئەو کاتە خەڵکی کوردستان دوچاری ململانێیەکی سەختترو دژوارتر دەبن. بۆیە پێویستە هێزە کوردستانییەکان لە ئێستاوە خۆیان بۆ ئەو رۆژە ئامادەو تەیار بکەن و هەنگاوی یەکەمیش بۆ وەدی هێنانی ئەم مەبەستە یەکێتیی هەڵوێستی سیاسی و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە لە ژێر یەك سەرکردایەتیی مەیدانیی هاوبەشدا کە بتوانێ ململانێکە لە گۆڕەپانی کوردستاندا هەڵسوڕێنێ و هەموو توانای خەڵکی کوردستان و دۆستانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنێ.

لە مێژوی بزوتنەوە رزگاریخوازییەکانی جیهاندا زۆر حاڵەتی وەك یەکێتی و پارتی هەبوەو دژوارتریش بووە، بەڵام لە کاتی موناسیبدا توانیویانە هەموو ئەم حاڵەت و پەیوەندییە نائاساییانە بگۆڕن و ببنە هاوپەیمانی یەکترو لە یەك سەنگەردا بە گیانێکی دۆستانەو برایانە خەباتی هاوبەش بکەن.

گەلی کوردستانیش لە روی دڵسۆزییەوە بۆ وڵاتەکەی، لە گەلانی دیکە کەمتر نیەو لە جوامێریدا هەمیشە درەوشاوەتەوە. جەماوەری کوردستانیش زۆر بەم رێککەوتنەی نێوان یەکێتی و پارتی دڵخۆشن و ئەمە بە هەنگاوێکی دیی رزگارکردنی کوردستان و کۆتایی هێنانی حوکمی عەفلەقییەکان دەزانن.

«رزگاری» لەکاتێکدا کە پیرۆزبایی لەم رێککەوتنە دەکات، بەش بە حاڵی خۆی پتر هەوڵ دەدات ئەم رێککەوتنە بەرەو پێش ببات و قووڵتر ببێتەوە.

سەرکەوتوو بێ ئەم رێککەوتنەو نمونەی گۆڕانکارییەکی تەواو بێ لە روی بۆچون و هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش چاوی لێ بکرێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی «رزگاری» ئۆرگانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ژمارە١٥، کانونی یەکەمی ١٩٨٦، ل ١.

## پاشکۆی ژمارە ٤

### راگەیەندراوی کۆبونەوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لە رۆژانی ١-٣ی کانونی یەکەمی ١٩٨٦ وەفدی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

سەردانی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لە دۆڵی جافەتی و چاوی بە هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوت.

نوێنەرانی مەکتەبی سیاسیی هەردولا بە دورو درێژی لەسەر شیکردنەوەی گیانی رێککەوتنەکانی مانگی رابردوو، تەرجەمەکردن و هەنگاو هەڵهێنانی عەمەلی بۆ جێبەجێ کردنیان، دوان. لەو کۆبونەوانەدا جارێکی تر تەئکید کرایەوە سەر درێژەپێدانی خەباتی چەکدار تا روخاندنی رژێمی بەعسی عەفلەقی و هاوئاهەنگیی سیاسی لە کۆڕو کۆبونەوەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ هێزە عیراقی و دۆستەکاندا.

لەم رووەوە لە بارەی جێبەجێ کردنی چوون و هاتنی هێزەکانی هەردوولا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر، چەندین بڕیاری گرنگ دراو بۆ رێگرتن لە سەرهەڵدانی کێشەو گیروگرفتی کەم بایەخ، بڕیار درا کۆمیتەی هاوبەش لە لقەکانی پارتی و مەڵبەندەکانی یەکێتی دروست بکرێن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوە.

بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە مەزنانە لە هەموو بوارێکی رێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و جەماوەری رەنگ بدەنەوە، بڕیار درا تەنسیقێکی ئیعلامی بکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباس و چالاکیی سیاسی و عەسکەریی یەکتر لە ئێزگەو چاپەمەنییەکانی هەردولاو جۆشدانی ئەم دەزگایانە بۆ پتەوکردنی گیانی هاوکاری و برایەتی و سڕینەوەی شوێنەواری سالانی ناکۆکی و ناتەبایی.

هەڤالانی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەڤالانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەم رێککەوتنە گرنگە تەنها رێککەوتنی دوو سەرکردایەتی نیە، بەڵکو رێککەوتنێکە دەبێت لە هەموو بوارەکانی خەباتی هاوبەشماندا رەنگ بداتەوە. حورمەت گرتن و جێبەجێ کردنی، ئەرکی سەر شانی یەکە بە یەکەی ئێوەیەو کاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەیەکی نوێی خەبات و تێکۆشان هەڵبدەینەوەو بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا باز بدەین کە دێنە سەر رێی جێبەجێ کردنی ئەم هاوکارییەو بە گیانی بەرزی هەست کردن بە لێپرساوەتی، هەموو ئەو کۆسپ و پیلانانە رامالین کە دوژمنانی گەلەکەمان لەسەر رێی خەباتی هاوبەشمان قوتیان دەکەنەوە.

سەرکەوتنیش هەر بۆ گەل و شۆڕشە.

پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩٨٦/١٢/٣

## پاشکۆی ژمارە ٥

## بەیاننامەی کۆمیسیۆنی باڵای هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٨٧)

لە رۆژانی ٥و ٦ی کانونی دووەمی ١٩٨٧دا کۆمیسیۆنی باڵای هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئامادەبونی هەڤالان مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵلا، دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس و نێچیرڤان بارزانی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و مام جەلال تالەبانی، دکتۆر کەمال خۆشناو، محەمەد تۆفیق رەحیم و ئازاد هەورامی لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کۆبونەوەی دەوریی خۆی بەست.

کۆبونەوەکە جارێکی تر جەختی کردەوە سەر بایەخی مێژوویی رێککەوتنی دوقۆڵیی نێوان

هـەردولاو لەم سەروبەندەدا پێویستیی پابەندبون بەم ڕێککەوتنەو دەقاودەق جێبەجێ کردنی و پەرەپێدان و بەردەوام سەقامگیرکردنی پەیوەندیی خەباتگێڕانەی نێوان هەردولاو وەدی هێنانی بەرەی کوردستانیی بە پێویست زانی بۆ جۆشدانی خەبات لەپێناوی روخاندنی رژێمی فاشیستی دەستدرێژکارو رزگارکردنی گەلی کورد لە هەڕەشەی جەنگی جینۆساید و هێنانە کایەی حوکمڕانییەکی گەلی و سەربەخۆ کە لە سایەیدا گەلی عیراق بە شێوەیەکی ئازادانە سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆی هەڵبژێرێ و ئەو مافە بۆ گەلی کورد دەستەبەر بکرێ کە یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی ئازاد لەگەڵ گەلی عەرەبی برای لەعیراق بێنێتە دی.

کۆبونەوەکە بە چاوی رێزو پێزانینەوە دەڕوانێتە ئەو کۆمەکەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشکەش بە شۆڕشی کوردی دەکات و هەروەها بە چاوی رێزەوە دەڕوانێتە رۆڵی دیاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرپەرچدانەوەی پرۆژە ئیمپریالیستییەکان و پشتگیری کردنی خەباتی گەلی عیراق بۆ رزگاربون لە حکومەتی شەڕخوازو فاشیستی عەفلەقیی خۆسەپێنی عیراق. لەم سەروبەندەدا کۆبونەوەکە جەختی کردە سەر پێویستیی هاوپەیمانیی پتەوی نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و رەوتە شۆڕشگێڕە ئیسلامییەکان و هێزە ناسیۆنالیست و دیموکراتەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانیی گشتگیردا کە هێزە بنەڕەتی و کاراکانی هەر چوار رەوتەکەو تەواوی تێکۆشەران، لەپێناوی روخاندنی رژێمی عەفلەقی و رزگارکردنی عیراق لە نەهامەتییەکانی جەنگ و فاشیزم، لەخۆ بگرێت. لەم سەروبەندەشدا کۆمیسیۆنی باڵای هاوبەش داوا لەهەموو پێشمەرگە پاڵەوانەکان و جەماوەری گەلی کوردستانی عیراق دەکات لە ئامادەباشیی تەواودا بن بۆ هەڵکوتانە سەر هێزە فاشیستەکان و رزگارکردنی نیشتمان، ئەویش بە ئەوپەڕی سودمەندبون لە پێشهاتە تازەکان.

پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سەرچاوە: رۆژنامەی «شەرارە»، ژمارە ٩، کانونی دووەمی ١٩٨٧.

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٦

## راگەیەندراوێك دەربارەی رێکخستنی پەیوەندی و هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوروپا

لەبەر رۆشنایی رێککەوتنی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦ی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەسەر ئامۆژگاریی سەرکردایەتیی هەردولا بۆ رەنگدانەوەی ئەو رێککەوتنە لە دەرەوەی وڵات، رۆژی ٢٤ی نیسانی ١٩٨٧ نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوروپا، کۆبونەوە. پاش ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە بارەی چۆنێتیی رێکخستنی پەیوەندی و هاوکاریی نێوانیانەوە، هەردولا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە رێك کەوتن:

١-هەردولا نوێنەرانی خۆیان لەسەر ئاستی ئەوروپا دیاری بکەن و لە کاتێکی دیاریکراودا نوێنەرانی خۆیان لە هەر وڵاتێك دەستنیشان بکەن بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان رێکخراوەکانیان و ئاسان کردنی هاوکاری لەگەڵ یەکتردا.

٢-پێویستە نوێنەرانی هەردولا هەر سێ مانگ جارێك کۆ ببنەوە بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر شێوەکانی خەباتی یەکگرتوو لە روی راگەیاندن

و پەیوەندیی دەرەوەو گۆڕینەوەی زانیاری و ئاگادارکردنی یەکتری لە دوا هەواڵەکانی کوردستان و ڕێککەوتن لەسەر چۆنێتیی گەیاندنی ئەو هەواڵانە بە رای گشتی لە جیهاندا، هەروەها بۆ گۆڕینەوەی ئەو بڵاوکراوانەی پەیوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە، هی خۆو هی بێگانە.

٣-هەوڵدان بۆ چاککردنی شێوەکانی چالاکی لە دەرەوەی وڵات و کۆشش کردن بۆ دەستخستنی یارمەتیی ماددی و مەعنەوی بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردو کۆکردنەوەی یارمەتیی ئینسانی بۆ لێقەوماوانی کوردستان.

٤-پێکەوە بەشداربون لە کۆبونەوەو سیمینارو کۆنگرەکان و رێکخستنی کۆنفرەنسی رۆژنامەنوسی لە بارەی روداوەکانی کوردستانەوەو نواندنی چالاکیی سیاسی و هونەری بۆ زیاتر ئاشناکردنی گەلانی جیهان بە مەسەلەی نیشتمانیی کورد.

٥-وەرگرتنی هەڵوێستی یەکگرتوو لە بارەی رێکخراوە زانستی و رۆشنبیری و هونەرییەکانەوە لە ئەوروپا، پشتیوانی کردن و بەشداربون لەو چالاکییانەدا کە دەبنە هۆی پێشخستن و گەشەپێکردنی کەلتوری کوردی و ناساندنی بە جیهانی دەرەوە.

٦-سود وەرگرتن لە توانای دڵسۆزانی کوردو بێگانە بەبێ جیاوازی لە هەموو ئەو چالاکییانەی کە خزمەتی مەسەلەی نیشتمانیی کورد دەکەن و دەنگی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەگەیەنن بە گەلانی جیهان.

٧-هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی یەکگرتوو بۆ خوێندکارانی کورد لە هاوینی داهاتوو و هەر لە ئێستاوە زەمینە خۆش کردن بۆ بەدی هێنانی ئەم ئاواتە پیرۆزە بە نیازی یەکگرتنەوەی بزوتنەوەی خوێندکارانی کورد لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی خوێندکارانەی فراوان و دیموکراتی و سەربەخۆو پێشکەوتوو کە هەموو خوێندکارێکی نیشتمانپەروەری کورد لە ئەوروپا بتوانێت کاری تێدا بکات و سیاسەتێکی رون و ئاشکرای هەبێت دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و داگیرکەرانی کوردستان.

٨-دوا بەدوای ئەم کۆبونەوەیە، دەرکردنی بەیاننامەیەك بۆ رای گشتیی جیهان لەبارەی رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانەوە، بەتایبەتی دەربارەی دەستدرێژیی رژێمی خوێنرێژی بەغدا بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێرشی چەند جارەی جۆنتای فاشیستی تورکیا بۆ سەر کوردستانی عیراق.

کۆبونەوەکە بە گیانی برایانەو هەستکردن بە لێپرسراوی بەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردو ئەو مەترسییانەی بەرەنگاریی دەبن، کۆتایی هات.

بەم بۆنەیەوە بەشدارانی کۆبونەوە سڵاوی گەرمی خۆیان پێشکەش بە دڵسۆزانی نەتەوەی کورد دەکەن و داوایان لێ دەکەن بۆ یارمەتیدانیان بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانیان و پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانەو هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوەوەو لە دەرەوەی وڵات بۆ وەستان بە یەکڕیزی بەرامبەر بە پلانەکانی دوژمنانی کوردو داگیرکەرانی کوردستان کە هەوڵ دەدەن نیشتمانەکەمان کاول بکەن و نەتەوەکەمان لەناو ببەن، لەگەڵ سڵاوی گەرم و رێزدا بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە بۆ بەربەست کردنی پلانەکانی دوژمن و بەدی هێنانی ئامانجەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد دلێرانە دەجەنگن.

نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوروپا

١٩٨٧/٤/٢٤

# ڕێککەوتنی هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاسۆک

ڕێککەوتنی ئاشتبونەوەو هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) کە لە ١٢ی ئایاری ١٩٨٦ لە گوندی یاخسەمەری دۆڵی جافەتی لە نێوان هەردولا واژۆ کراوە. لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە تاڵەبانی ڕێککەوتنەکەی واژۆ کردووەو لەلایەن پارتی سۆسیالیستی کوردەوە کەریم سەلام.

ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و واژۆکردنی پرۆتۆکۆلێك بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمایەکی نوێ لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨٦، ڕۆڵێکی گەورەی لە هاندانی پاسۆکدا هەبوو بۆ هەنگاونان بەرەو ئاشتبونەوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێ ئەوەیە کە پاش ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، هەمووی سێ هەفتەی نەبرد کە شاندێکی پاسۆك سەردانی بارەگای تاڵەبانیی کرد لە گوندی یاخسەمەرو ڕێککەوتنی ئاشتبونەوەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان واژۆ کرد.

هەوڵی ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاسۆك کە حزبی سۆسیالیستی کوردستان ڕۆڵێکی کارای تێدا گێڕا، لە کۆتایی نیسانەوە دەستی پێ کردو ڕێی بۆ لێك تێگەیشتن و سازانێکی گونجاو خۆش کرد. مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە نامەی بۆ پاسۆك نارد، پێشنیاری ئاشتبونەوەی کردو بە شێوەیەکی فەرمی بانگهێشتی مەکتەبی سیاسیی پاسۆکی کرد بۆ وتووێژو ناردنی شاندێکی ڕاسپێردراو. پاسۆك وەڵامی ئەرێنیی دایەوە.

لە ١٠ی ئایاری ١٩٨٦دا شاندێکی باڵای پاسۆك بە سەرۆکایەتیی کەریم سەلام ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامەتیی هەردوو کادیری پێشکەوتوو شەماڵ عەزیز ئەفەندی و عەتا ئەحمەد محەمەد ناسراو بە بێستون سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لە گوندی یاخسەمەر. لە ١٢ی ئایاردا هەردولا ڕێککەوتنی ئاشتبونەوەیان واژۆ کردو بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، تێیدا بانگەوازی ئاشتبونەوەی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بانگەوازێکی «دڵسۆزانە» پێناسە کرا، ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستانیش بە هەنگاوێکی «شۆڕشگێڕانە» دانراو هەردولا یەکدەنگ بون لەسەر پێویستیی کۆتایی هێنان بە کێشەو ناکۆکییەکان، هەروەك لە بەیاننامە هاوبەشەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە هەردولا پشتیوانی لە دامەزراندنی «بەرەی یەکگرتووی کوردستان» و بەرەی سەرتاسەری عیراق دەکەن و هاوڕاشن لەسەر «یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو پێکهێنانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان». لەم سەروبەندەشدا بەیاننامە هاوبەشەکە ڕێککەوتنی واژۆکراوی نێوان هەردولای بە «گرنگ» ناو برد و داوای فراوانکردنی پرۆسەی ئاشتبونەوەی گشتیی کرد بۆ ئەوەی هەموو لایەنە کوردستانییەکان بگرێتەوە.

لە ١ی حوزەیراندا تاڵەبانی لە وتارێکدا کە بە بۆنەی دەیەمین ساڵوەگەڕی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشەوە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندییەوە، داوای کرد ئاشتبونەوەی گشتی بکرێتە بنچینەیەکی پتەو بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و بەرەی سەرتاسەری

عیراق و لەم سەروبەندەدا ئاماژەی بەو ڕێککەوتنی ئاشتبونەوەیە کرد کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك بە ئەنجامی گەیاندووە.

پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاسۆك سەقامگیریی بە خۆیەوە بینی تا ئەو رادەیەی کە پاسۆك بارەگاکانی لە ئێرانەوە گواستەوە بۆ دۆڵی جافەتی و لە نزیك بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گیرسایەوە، هەروەك یەکە چەکدارەکانی بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگەدا کرد، لەوانە ئۆپەراسیۆنی قەیوان- ماوەت لە پایزی ساڵی ١٩٨٦ کە تێیدا مەفرەزەکانی پاسۆك، شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بەرەکانی کۆڕەنگ و خەجەلەرزۆك بەشدار بون لە بەرەنگاربونەوەی پەلامارەکانی سوپای عیراق و هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا ئەندامی شاندی دانوستانکاری پاسۆك عەتا ئەحمەد محەمەد ناسراو بە بێستون شەهید بوو. لە ساڵی ١٩٨٧یش کاتێك کەریم سەلام لە شەڕێکدا لە قەرەداغ بە سەختی بریندار بوو، خێرا گەیەنرایە دۆڵی جافەتی و لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە بەرگەڵوو نەشتەرگەریی بۆ کراو لە مردن رزگار کرا.

**پاشکۆ**

## ڕاگەیەندراوی کۆبونەوەی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاسۆك

پاش بانگەوازی دڵسۆزانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئاشتبونەوەی گشتیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق بۆ بەلاوەنانی شەڕو پێکداهەڵپژان و هەوڵی دڵسۆزانەی پاسۆك و دوا بە دوای ئەو هەنگاوە شۆڕشگێڕانەیەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عیراق بۆ بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆو سازکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ پێك گەیشتن و هاریکاری و یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕکانی کوردستان، لەسەر داوەتی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دوای ئەو بیروڕا گۆڕینەوەیەی نێوان پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەفدێکی مەکتەبی سیاسیی پاسۆك لە رۆژانی ١٠-١٢ی ئایاری ١٩٨٧ سەردانێکی بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردو کەوتە گفتوگۆ دەربارەی ئاشتبونەوەی گشتی و پێکهێنانی تەبایی لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕە کوردستانییەکان و هێزە دیموکراتە عیراقییەکان.

هەردولا هاودەنگ بون لەسەر کۆتایی هێنان بە هەموو کێشەو گرفتەکانی نێوان ئەو هێزانەو پێکهێنانی ئاشتی و تەبایی گشتی بەرەو دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی کوردستان و جەبهەی فراوانی عیراق کە مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد بسەلمێنێ، هەروەها بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێکهێنانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان.

وەکو هەنگاوێکی عەمەلی لەم سەرەڕێیەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاسۆك پێکهاتنێکی سیاسی- عەسکەری- ئیعلامیی گرنگیان لە نێوان خۆدا مۆر کردو لێ بڕان کە پەرە بە ئاشتبونەوەی گشتی و تەبایی سەرتاسەری و یەکێتی و یەکگرتنی هەموو هێزەکان بدەن لەپێناوی بەهێزکردن و بۆ پێشەوە بردنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان روو لە سەرکەوتن.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)
١٩٨٦/٥/١٢

## ڕێکەوت عوسمان مەجید



پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی گەڕەکی سابونکەران لە شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سەرچنار و ئامادەیی بازرگانیی لە سلێمانی تەواو کردووە. دەرچووی ساڵی ١٩٨٠ی کۆلێجی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی موسڵە.

ساڵی ١٩٧٣ لە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کاری ڕێکخراوەیی کرد. ساڵی ١٩٧٤ لە پێنجوێن پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە ساڵانی ١٩٧٦و ١٩٧٧ لە بواری ڕێکخستنی خوێندکارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چالاکیی نواند. دواتر لێپرساوەتیی ڕێکخستنەکانی خوێندکارانی یەکێتی و کۆمەڵەی لە موسڵ لە ئەستۆ گرت. ساڵی ١٩٧٨ لە یەکەم کۆنفرەنسی خوێندکاراندا لەگەڵ هەر یەك لە قادر حاجی عەلی، ئازاد حسێن چوارتایی، محەمەد ئازاد، مژدە عەبدولکەریم و دلاوەر ئەحمەد مەجید بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوزەنگ بوو بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨١ ئەندامی مەکتەبی ئیدارەی یەکێتی بوو، لە هەمان کاتدا کاری ڕێکخستنی لە ناوچەی سەرکردایەتی ئەنجام دەدا. هەر ئەو ساڵە کرایە بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان. ساڵی ١٩٨٢ئەندامی دەستەی نوسەران بوو لە خولی چوارەمی ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ بە زمانی کوردی و خولی چوارەمی ڕۆژنامەی شەرارە بە زمانی عەرەبی. لەم سەروبەندەشدا ئەندامی دەزگای لێکۆڵینەوەی زانستی بوو کەو دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی سەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو.

هەر ئەو ساڵە بووە لێپرساوی ڕێکخراوی ٥ی کۆمەڵە لە ناوچەی خۆشناوەتی. ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ هەر یەك لە ئازاد هەورامی و قادر حاجی عەلی لە چوارچێوەی دەستەی سەرپەرشتی کردنی کۆنفرەنسە ناوچەییەکاندا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنفرەنس کاری کرد. لە ساڵانی ١٩٨٤- ١٩٨٦ بووە ئەندامی دەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵەو چەند لێکۆڵینەوەیەکیشی لەگۆڤاری «کۆمەڵە» بڵاوکردەوە.

ساڵی ١٩٨٦ چوو بۆ دەرەوەی وڵات و لە سوید گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٨ بە ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری کۆمیتەی ئەوروپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەروەها لەگەڵ هەر یەك لە سەلاح ڕەشید و سەعدی ئەحمەد پیرە بە ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و مەحمود مەلا عیززەت لە سوید سەرپەرشتیی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی بە ناوی «ئەرکی نوێ» کرد. ساڵی ١٩٩١ بەشدار بوو لە یەکەم کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە شاری ڤیەننا.

ساڵی ١٩٩٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە سلێمانی و لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٤- ١٩٩٥ بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بوو.


لە ساڵانی ١٩٩٧- ٢٠٠١ سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بوو لە ئیدارەی سلێمانیی

حکومەتی هەرێمی بە پلەی وەزیر. ساڵی ٢٠٠١ خانەنشین کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* ئەرکی نوێ (رۆژنامە).
* یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان.
* دەزگای ناوەندیی رۆشنبیریی کۆمەڵە.

## رێنوێن (گۆڤار)




گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە سلێمانی دەری کردووە. تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە یەك لە کانوونی یەکەمی **١٩٩١** دەرچووە و ژمارە دوو لە کانوونی دووەمی **١٩٩٢**.

گۆڤارەکە زۆر لە ژێر کاریگەریی نەریتی باوی سەردەمی پێشمەرگایەتی بووە کە تێیدا زۆر بەدەگمەن لە بڵاوکراوەکاندا ناوی سەرنوسەر و ئەندامانی دەستەی نوسەران هاتووە. بۆیە لە هەردوو ژمارەدا هیچ ئاماژەیەك بە ناوی سەرنوسەر و ئەندامانی دەستەی نوسەران نەکراوە و زۆربەی وتارە بڵاوکراوەکان بەبێ ناو یان بە ناوی خوازراو بڵاوکراونەتەوە. بەڵام بە کردەوە هەڵۆ ئەحمەد کوردە رۆڵی سەرنوسەری گۆڤارەکەی گێڕاوە. چەند کەسێکیش کاریان تێدا کردووە و رۆڵی ئەندامانی دەستەی نوسەرانیان دیوە لەوانە تۆفیق عەبدول و جەزا حسێن.

گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی «زانستی، رۆشنبیری و گشتیی مانگانە» خۆی ناسیوە، بۆیە بابەتەکانی هەمەچەشنەن و چەندەها بواری جیاوازیان گرتۆتەوە. لە هەوڵی ئەوەشدا بووە کە رۆشنبیرییەکی مۆدێرن پێشکەش بکات، بۆیە دروشمەکەی بریتی بووە لە «بیری نوێ، کاری نوێ، ئاکامی نوێ». بە شێوەیەکی گشتی، مۆرکێکی زانستی، رۆشنبیری و نەتەوەیی بەسەر ئاراستەی گۆڤارەکەدا زاڵە. لە سەروتاری ژمارە یەکدا گۆڤارەکە ئاراستەی فیکریی خۆی بەم چەشنە شرۆڤە کردووە کە کار بۆ «هۆشیارکردنەوە و روونکردنەوەی بابەتە زانستییەکان» دەکاو لەم سەروبەندەدا «هەڵبژاردنی ناوی رێنوێن بۆ رێنوێنیی رێبازێکی نوێی زانستییە کە نەوەی نوێی بەبیری نوێ و داهێنانی نوێ بۆ ئاکامێکی نوێ تێی بگات و کاری پێ بکات و هەوڵی لێبڕاوانەی خۆتەرخانکەرانەی لەگەڵدا بدات و لەو رێگایەوە هەست بەو راستییانە بکات. ئەو شەپۆلی دیموکراسی و ئازادییەی کە ئێستا بەرەو رۆژهەڵاتیش ملی ناوە، لە سایەیدا زانست و تەکنەلۆجیا و رۆشنبیریی نوێ بورکان ئاسا دەتەقێتەوە و دەیان و هەزاران بەرایی داهێنان و بەهرەی بەپێز سەرهەڵدەدەن. ئیتر با سیستمی کۆن و گەندەڵ لە ژێر شەپۆلی تازەی هاوچەرخدا گۆڕ بکرێ و پەردەش لەسەر هەموو راستییەکان هەڵبدرێتەوە. رێنوێن گەرەکییەتی ئەو مێژووە ساختەو پڕ بوختانەی بۆ کورد هەڵبەستراوە

به درۆ بخاتەوەو رووی رەش و نەگریس و دزێوی دوژمنانی گەلەکەمان بە ڕۆڵە بەئەمەك و دڵسۆز و راپەڕیوەکانی بناسێنێ».

گۆڤارەکە بە قەبارەی ٢١ بە ١٦,٥ سم دەرچووە. وێنە بە ئەندازەیەکی باش تێیدا بەکار هاتووە. دیزاینەکەی زۆر لە دیزاینی بڵاوکراوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی دەچێ و بابەتەکانی بە تایپی دەستیی جۆری برازەر تایپ کراون. رەنگی تێدا بەکار نەهاتووە بەڵام لە ژمارە یەکدا مقەبای رەنگ زەرد بۆ بەرگ بەکار هاتووە. دیزاینەکەی لە کوالیتیدا مامناوەنجییە و تەکنیکی تازەی تێدا نەهاتۆتە بەکارهێنان. لە ژمارەی لاپەڕەدا ژمارە یەك بەقەبارە لە ژمارە دوو گەورەترە. لە کاتێکدا ژمارە یەك ٩٦ لاپەڕەیە، ژمارە دوو ٥٦ لاپەڕەیە.

بەرگی هەردوو ژمارە وێنەدارە. لە ژمارە یەکدا وێنەی بەردە قارەمان لەسەر بەرگ دانراوە و بەرگی دواوەش وێنەیەکی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ی شاری هەڵەبجەی لەسەرە. بەرگی دوو، وێنەی کێلی گۆڕی خانمی ژنی محەمەد پاشای بابانی لەسەرە.

چەند نوسەرێك بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە سەردار نەجمەددین، جەمال غەمبار، عەباس ساڵح، هۆشیار بابان، عەبدولڕەقیب یوسف، جەمال عەبدول و زمس فەتحوڵڵا. هەندێ لە بابەتەکان بە دوو بەش بڵاو کراونەتەوە.

گۆڤارەکە لە بابەتە بڵاوکراوەکاندا بایەخی بەچەند بوارێك داوە وەك کێشەکانی مافی مرۆڤ، ئاسایشی خۆراك، تەندروستی، سامانە سروشتییەکان، بەرهەمی ئەدەبی، شوێنەوارناسی، جیۆپۆلەتیك و جیۆلۆجی. چەند چاوپێکەوتنێکیشی بڵاوکردۆتەوە، یەکێکیان لەگەڵ ئەفسەرێکی پلە بەرزی دیلی عیراقیدا، دانەیەکی تر لەگەڵ لێپرساوی کەنیسەی دانیمارکی لە کوردستان و چاوپێکەوتنێکیش لەگەڵ ڕاگری کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان و دانەیەکی تریش لەگەڵ شاعیر شێرکۆ بێکەس. گۆڤارەکە هەندێ مەسەلەی ڕۆژیشی بەسەر کردۆتەوە وەك بەسەرکردنەوەی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتیی نوسەرانی کورد لە شەقڵاوە لە ساڵی ١٩٩١ و مانگرتنەکانی سلێمانی و هەولێر لە دژی حکومەتی عیراق.

دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیجی: دامەزراوەیەکی کەلتورییە ئەرکەکەی شیکردنەوەی زانیارییە ئەمنییەکان بووە و هەوڵی داوە تێڕوانینێکی رون سەبارەت بە چەمك و پێوەرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان پێشکەش بکات. ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە و ساڵی ١٩٩٢ هەڵوەشاوەتەوە. راپۆرتەکانی راستەوخۆ بۆ سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرز کراونەتەوە و بارەگاکەی لە قەڵاچوالان بووە.

# ز

## زارگەلی (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لەگوندی زارگەلی لە ناوچەی ڕەواندز لە ٢ی ئازاری ١٩٨٠. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکانی هەرێمی ٧ی باڵەك بۆسەیان بۆ هێزێکی سوپا نایەوە. هێزێکی گەورە کەوتە بۆسەکەوەو درایە بەر گوللە.

لە ئاکامی ئەم بۆسەیەدا ئەفسەرێك و ٦ سەرباز کوژران و ٤ سەربازی دیکەش بریندار بوون، ئۆتۆمبێلێکیش تێك شکا. دەستکەوتی پێشمەرگە یەك کلاشینکۆف بوو.


## زاهیر سدیق



پەیکەرساز. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٥ی شاری سلێمانی. هەر سێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە و لە بەشی پەیکەرسازیی پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەرگیراوە. ساڵی ١٩٨٥ لە دوا ساڵی خوێندن لە پەیمانگا، بەو بیانووەی کە برای پێشمەرگەیە، بەر شاڵاوی گرتن کەوت و ماوەیەك دەستگیر کرا. پاش ئەوەی کە ئازاد کرا، سلێمانیی بەجێ هێشت و لە دۆڵی جافەتی گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٨٦ یەکەم پەیکەری بە ناوی «سەرەتا» لەگوندی چۆخماخ دروست کرد. ئەم پەیکەرە یەکەم هەوڵی گواستنەوەی هونەری پەیکەرسازی بوو لە شارەوە بۆ شاخ و ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق. ساڵی ١٩٨٨ پەیکەرەکە بەر شاڵاوی ئەنفالی دۆڵی جافەتی کەوت و تێك شکێنرا. لەو ماوەیەدا کە لە دۆڵی جافەتی بوو، لە هەندێ بواری هونەریدا هاوکاریی چاپخانەی برایم عەزۆی کرد لە بەرگەڵوو.


ساڵی ١٩٨٨ دۆڵی جافەتیی بەجێ هێشت و لەگەڵ کادیرو پێشمەرگەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دۆڵە کۆگە گیرسایەوەو پاشان ماوەیەك لە سەقز مایەوە. ساڵی ١٩٩٠ گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ساڵی ١٩٩١ دەستی بە



خوێندن کردەوەو بۆ ساڵی دواتر خوێندنی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی تەواو کرد. لە ماوەی چوار ساڵدا دوو پرۆژەی هونەریی دامەزراند، یەکێکیان پرۆژەی پەیکەرسازیی کوردستانە کە ساڵی ١٩٩١ دایمەزراندو ئەوی دیکە پرۆژەی سیرامیکی کوردستانە کە ساڵی ١٩٩٤ هاتە ئاراوە. ساڵی ١٩٩٥ بەهاوکاریی ژمارەیەك هونەرمەندی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر، گەلەریی زاموای دامەزراند. ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ هاوڕێکانی، محەمەد عارف، فەرهاد پیربال، سلێمان شاکر، جەمال موشیر و کەمال غەمبار گەلەریی ئەربیلای لە هەولێر دامەزراند کە یەکەم گەلەرییە لە شاری هەولێر. ساڵی ١٩٩٧ لە دەستەی دامەزرێنەری تەلەفزیۆنی خاك بوو. لەو ماوەیەی کە لە بنکەی خاك کاری کردوە، ئەرکەکەی سەرپەرشتی کردنی بەرنامەکان و چاپەمەنییەکان بووە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠٠ بەڕێوەبەری نوسین بوو لەگۆڤاری «خاك». لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە بە مامۆستای وانەبێژ لەکۆلێجی هونەری زانکۆی سلێمانی دامەزرا. ساڵی ٢٠٠٥ بووە بەڕێوەبەری بەشی شێوەکاری لە بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی سلێمانی، بەڵام پاش شەش مانگ وازی لەم پۆستە هێنا.

چەندین پەیکەری لەشارەکانی کوردستان دروست کردووە، دیارترینیان: پەیکەری برۆنزیی عومەر خاوەرو پەیکەری عادیلە خانم لە هەڵەبجە، پەیکەری دایك لە سلێمانی، دیواربەندی مۆنۆمێنتی بەردە قارەمان لە بازیان، پەیکەری ئیبنولموستەوفی لەبەردەم دەروازەی قەڵای هەولێر، پەیکەری مام رەحمانی باخەوان و دە پۆرترێتی شاعیران لە ناو باخی گشتیی سلێمانی، پەیکەری هونەرمەند قادر کابان لە ناو بینای بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٧ وەك پێشمەرگە خانەنشین کرا.

## زرار سەعدون سێکانیانی*



پێشمەرگەی پارتیزان و فەرماندەی تیپ لە سیستمی بەتالیۆنەکاندا. ناوی تەواوی زرار سەعدون محەمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی سێکانیانی ناوچەی سورداش. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بۆتە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی خۆی.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە لە بارەگای مەکتەبی عەسکەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە زەڵێ. ساڵی ١٩٨٢ گوێزراوەتەوە بۆ تیپی ٩٠ی کۆیەو لەکەرتی ٤ی تیپەکە بۆتە فەرماندەی مەفرەزە. هەر ئەو ساڵە بەشدار بووە لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران و ساڵی دواتر لە سنوری تیپی مەڵبەندی دوو کراوەتە جێگری فەرماندەی کەرتی ٤ی تیپەکە. ساڵی ١٩٨٥ بۆتە فەرماندەی کەرتی ٧ی تیپی مەڵبەند. ساڵی ١٩٨٨ کراوەتە جێگری فەرماندەی تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی ڕێگای گشتیی سلێمانی- دوکان و ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی دابان- هەلاج (١٩٨٥) و قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧)و شەڕەکانی دۆڵی جافایەتیو بناری قەندیل

(١٩٨٨). جارێکیش لە ساڵی ١٩٨٦دا لە شەڕێکدا لە چیای پیرەمەگرون بریندار بووە.

پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور لە ساڵی ١٩٨٨، بە خێزانەوە لە ئێران گیرسایەوە، سەرەتا لە گوندی نێژاوا، پاشان لە شاری سەردەشت، دواتر لە گوندی رەبەتو لە دواییدا لەئۆردوگای ئاوارەکان لە بێزیلێ.

ساڵی ١٩٨٩ وەك پێشمەرگەی پارتیزان بەشداریی لە جموجوڵی هێزی پێشمەرگەدا کردو لەم سەروبەندەدا کرایە فەرماندەی یەکێ لە ڕەتلەکانی ناوچەی شارباژێرو دواتریش کرایە فەرماندەی تیپی ٧٢ی بەتالیۆنی ٧ی سلێمانی.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لە شەڕەکانی پارێزگاو ناو شاری سلێمانیدا ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە. لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا، بەوپەڕی ورە بەرزییەوە بەشداریی تێدا کرد. لە٢٧ی ئازاردا لە کەرکوك شەهید بوو و تەرمەکەی کەوتە دەست دوژمنەوە.

## زرار عەبدوڵڵا مستەفا




پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە شەماڵ عەبدوڵڵا. لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی هەولێر. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووەو پاشان لە پەیمانگای هونەریی هەولێر وەرگیراوە و ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی لەو پەیمانگایە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ تەواو کردنی خوێندن لە پەیمانگای هەولێر، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لەکەرتی دەشتی هەولێری سەر بە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە. ساڵی دواتر کراوەتە رابەری سیاسیی کەرتی دووی قوەتی دەشتی هەولێر. پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان‌و کارکردن بەسیستمی تیپەکان لە ساڵی ١٩٨٢، لە سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی داوە.

ساڵی ١٩٨٣ بۆ مەڵبەندی ٣ گوێزرایەوەو لە بەشی راگەیاندنی مەڵبەند و چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید لەگوندی وەرتێ کاری کرد. لەو ماوەیەدا بە چەند ناوێکی خوازراو چەند بابەتێکی لەگۆڤاری «راپەڕین» بڵاو کردەوە کەگۆڤارێکە لە ماوەی نێوان ١٩٨٢ - ١٩٨٣ دەرچووە. هەر لەو ماوەیەشدا لە چاپخانە لەسەر رۆنیۆ کاری کردوە.

لە ساڵانی ١٩٨٤ - ١٩٨٦ وەك کادیر لە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوەو کەرتی ڕێکخستنی رەواندز کاری کرد. لە کاتی سەرهەڵدانی قەیران لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دوا بەدوای کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە لە مێرگەپان لە ساڵی ١٩٨٤، پشتگیریی باڵی ئاڵای شۆڕشی کرد. ساڵی ١٩٨٨ لە سۆنگەی پەرەسەندنی گوشاری قەیرانەکەوە، وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو گەڕایەوە بۆ هەولێر.

پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی لەگەڵ گروپی ئاڵای شۆڕشدا دەمەزەرد کردەوەو لە ساڵی ١٩٩٣ دا دوای گەڕانەوەی باڵی ئاڵای شۆڕشی ناو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی ٤ی گەڕەکی نەوروزی هەولێری پێ




سپێردراو له ماوەی ساڵانی ١٩٩٤ ـ ١٩٩٥ لێپرسراوی ئێزگەی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر بوو. ساڵی ١٩٩٦ کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر کە بارەگای بۆ شاری کۆیە گواسترابۆوە. لە ساڵی ١٩٩٨ دا بە هەمان پلەی ڕێکخراوەیی بۆ بەشی روناکبیریی مەکتەبی ڕێکخستن گواسترایەوە.

ساڵی ١٩٩٩ وەك ئەندامی دەستەی نوسەران لەگۆڤاری «شەهید» کاری کردووە. گۆڤارەکە سەنتەری رۆشنبیریی شەهید ڕێباز دەری کردووە. دوای دەرچونی ٤ ژمارە لەم گۆڤارە، بۆتە سەرنوسەری گۆڤارەکەو جێی نیعمەت عەبدوڵڵا پیرداوودی گرتۆتەوە. تا ژمارە ١٠ لەسەر ئەم ئەرکە بەردەوام بووە.

ساڵی ٢٠٠١ پاش پێکهێنانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، کرایە ئەندامی ئەو مەکتەبەو ساڵی دواتر ئەرکی سەرنوسەریی گۆڤاری «جیهانی روناکبیری»ی گرتە ئەستۆ کە مەکتەبەکە دەری کردووەو تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. ساڵی ٢٠٠٢ خوێندنی بەشی یاسای زانکۆی سلێمانیی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێنا. ساڵی ٢٠٠٥ کرایە جێگری لێپرسراوی مەکتەبی بیرو هۆشیاریو ساڵی ٢٠٠٦ لەگۆڤاری «نۆڤین» کە مەکتەبی بیرو هۆشیاری دەری کردووەو سەرنوسەرەکەی فازل کەریم ئەحمەد بووە، ئەرکی جێگری سەرنوسەری گرتۆتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٧ بۆتە لێپرسراوی لقی هەولێری مەکتەبی بیرو هۆشیاری. ساڵی ٢٠٠٩ لە وەزارەتی مافی مرۆڤ بە ڕاوێژکار دامەزرا. ساڵی ٢٠١٠ پاش ئەوەی کە وەزارەتی مافی مرۆڤ هەڵوەشایەوەو ئەرکەکانی بە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ سپێردران، ڕاژەی بۆ دەستەی ناوبراو گوێزرایەوە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش و چۆنێتیی کاراکردنی» (٢٠٠٢).

## زرگوێز (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی کەرتی ٢ی شەهید والی باریکەیی سەر بە تیپی ٥٥ی قەرەداغە لە شەوی ١٧ لەسەر ١٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٥. لەو ڕۆژەدا هێزێکی جەیش شەعبی بە چەند ئوتومبیلێکی هینۆو لۆری لە نزیك گوندی ئەلی کە کەوتۆتە نزیك ڕێگای سلێمانی- قەرەداغ، جێگیر ببوو. ئەرکی هێزەکە دانانی ژمارەیەك رەبیە بوو بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕێگای نێوان سلێمانیو قەرەداغ. هێزەکە هەر ئەو ڕۆژە ئەرکەکەی جێبەجێ کردو ژمارەیەك رەبیەی لە شوێنی جیا جیا دانا بەڵام شەو هێزەکە بەسەر رەبیەکاندا دابەش نەبوو بەڵکو

هەموی لە یەك بنكەدا كۆبۆوە.

پێشمەرگەكانی كەرتی ٢ی شەهید والی باریكەیی كە چاودێریی جموجۆڵی هێزەكەیان دەكرد، هەر ئەو شەوە كۆبونەوەو بڕیاریان دا بچنە سەر هێزەكە بەر لەوەی بە تەواوی جێگیر ببێ. نەخشەكە وا دانرا كە لە٢٢ پێشمەرگەی كەرتەكە، دوانزەیان هێرش بكەنە سەر هێزەكە و دە پێشمەرگەكەی تر لە دوو قوڵەوە كۆنترۆڵی ڕێگای سلێمانی- قەرەداغ بكەن.

لە نیوەشەودا هێرش بۆ سەر ئەو بنكەیەی جەیش شەعبی دەستی پێكرد كە ناونرابوو بنكەی موسەییەب و پاش شەڕێكی دەستەویەخە دەستی بەسەردا گیرا. ئاكامی شەڕەكە بەم جۆرە بوو: كوژرانی ٤٩ چەكداری جەیش شەعبیو بەدیل گرتنی ٩ چەكداری تر، گرتنی زیاتر لە٤٠ پارچە چەك لەوانە ٣ قەناس، ٣ كلاشنكۆف، ٤ ڕەشاشی ئار بی كەی، یەك هاوەنی ٦٠ ملم و زیاتر لە ٢٠ هەزار فیشەكی روسیو ٢ سندوقی نارنجۆك.

بەیانییەكەی، شەش هەلیكۆپتەری جەنگی كەوتنە بۆردومان كردنی گوندەكانی زڕگوێز، كانی شاسوار، دێی ئەلی، حەمەی بارام، گەیان، یەخی ماڵی، هەردوو دێی كەمالان، باخچە، شەمەو قسرتی سەروو، لە ئەنجامدا ١١ هاووڵاتی شەهید بون لەوانە كچێكی ٣ساڵان لەگوندی قسرتو پیاوێكی ٧٠ ساڵە لەگوندی شەمە.

پێشمەرگە بەشداربووەكانی چالاكییەكە: برایم عەزیز، وەستا تایەر، شاخەوان، جەزا قەڵەو، نەبەز عەربەتی، سەباح رەزا، كەماله درێژ، ئازادە رەش، ئەحمەد چاوشین، بەكرە ریشە، جەزا سور، ئەنوەر نەمەڵی، كوردۆ زڕگوێزی، لاوە بچكۆڵ، سەباح، جەزا قازی، واحید باڕۆیی، عوسمانی مامە قالە، كەمال سور، عادل شاوەلی، شاهۆ زڕگوێزی، خالید شاوەلی.

## زڕگوێز (چالاكیی هێزی پێشمەرگە)

چالاكیی گرتنی ڕەبیەی گوندی زڕگوێز لە ناوچەی قەرەداغ لە لایەن تیپی ٥٥ی قەرەداغەوە. شەوی ١٣ لەسەر ١٤ی ئابی ساڵی ١٩٨٧ پێشمەرگەكانی كەرتی ٢ی شەهید والی باریكەیی سەر بە تیپی ٥٥ی قەرەداغ هێرشیان كردە سەر ڕەبیەی گوندی زڕگوێز لەسەر ڕێگای سلێمانی - قەرەداغ. زۆربەی چەكدارەكانی جەیش شەعبیی ناو ڕەبیەكە رایانكرد. پێشمەرگەكان دەستیان بەسەر ڕەبیەكەدا گرت.

لە ئاكامی ئەم چالاكییەدا دوو چەكدار كوژران و هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٣ ڕەشاشی دكتاریۆف و دوو ئارپیجیو یەك كلاشنكۆف و دەزگایەكی بێسیمی جۆری ١٠٥و كۆمەڵێك تەقەمەنیدا گرت.

## زڕگوێز (ئۆپەراسیون)

ئۆپەراسیونی گرتنی بورجەكەی دارەڕەشو ڕەبیەكانی زڕگوێز لە قەرەداغ لە ئەیلولی ١٩٨٧. بڕیاری ئەنجامدانی ئۆپەراسیونەكە لە بارەگای مەڵبەندی یەك دراو هەر لەوێش نەخشەی ئۆپەراسیونەكە دانرا. بەپێی نەخشەكە كە مەڵبەند و تیپە بەشدارەكان پێكەوە دایاننابوو، ئەركەكان بەمجۆرە بەسەر هێزەكاندا دابەش كران: لە دارە ڕەشەوە تا ناو گوندی زڕگوێز بە تیپەكانی ٣٥ی كوڕەكاژاوو ٥٧ی سەگرمەو بەشێكی تیپی ١٧ی زمناكۆ سپێردرا، لە دێی سوێراوەوە بۆ سەر چیا بە تیپی ٥٣ی شێروانە و گرتنی ڕەبیەكانی كە دەڕواننە سەر زڕگوێز، بە تیپی ٥٩ی حەمرین و بەشێكی تیپی ١٧ی زمناكۆ سپێردران.

شەوی ٢٩/٢٨ی ئەیلولی ١٩٨٧ هێزەكان دەستیان

بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیونەکە کرد، شەڕ تا بەیانی بەردەوام بوو. ڕەبیەکان، یەکێکی لێ دەرچێ کە دەوروبەرەکەی بە ژمارەیەکی زۆری مین تەنرابوو، دەستیان بەسەردا گیرا. لەم ئۆپەراسیونەدا تۆپخانەو کاتیۆشای شۆڕش ڕەبیەکانیان بە خەستی کوتا و ڕۆڵێکی گەورەیان لە شپرزەکردنی سەنگەرەکانی دوژمندا گێڕا. لە ئۆپەراسیونەکەدا هەلیکۆپتەرێك بە موشەکی سام ٧ پێکراو کەوتە خوارەوە.

دوژمن ژمارەیەکی زۆر کوژراوو برینداری هەبوو. هێزی پێشمەرگە ٥٢سەربازی دیل کردو دەستی بەسەر کۆمەڵێك چەك و تەقەمەنیدا گرت. سەرەڕای گەورەیی ئۆپەراسیونەکە، مەحمود سەنگاوی فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە کە بەشداریی لە شەڕەکەدا کردووە، لە بیرەوەرییەکانیدا لەو بڕوایە دایە کە هێزی پێشمەرگە لەم ئۆپەراسیونەدا نەیتوانیوە هەموو ئامانجەکانی بپێکێ، بەڵکو تەنها ٤٠٪ی لێ جێبەجێ کردووە.

هێزی پێشمەرگە سێ شەهیدی هەبوو کە ئەمانەن: حەمە سەعید حاجی غەریب ناسراو بە حەمە سەعید سێتەڵانی، فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ، ئازاد کەرکوکی فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٥٩ی حەمرین و عوسمان هەڵدەرەیی فەرماندەی کەرتی تیپی ٥٧ی سەگرمە.

## زنجیرەی بەرنامەی کەرتی ڕێکخستنی دوکان (بڵاوکراوە)

بڵاوکراوەیەکی نیو فولسکابییە، تایبەت بووە بەئەندامان و وەك بڵاوکراوەیەکی داخراو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە، کەرتی ڕێکخستنی دوکانی سەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەری کردووە. بابەتەکان کادیرەکانی کەرتەکە ئامادەیان کردووە، بە تایپی دەستی تایپیان کردووەو لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو بە ڕۆنیۆ بۆیان ڕاکێشراوە.

زۆربەی بابەتەکان بابەتی تیۆریکی و فەلسەفی و پشت ئەستوور بوون بە میتۆدی شیکردنەوەی مارکسیزم- لینینیزم. هەر ژمارەیەك ٣٠-٤٠ لاپەڕە بوو.

ئەم بڵاوکراوەیە ١٨ ژمارەی لێ دەرچووە، زۆربەی لە ساڵی ١٩٨٣ دەرچووەو کەمێکی لە ساڵی ١٩٨٤. لە ناو کەرتەکانی ڕێکخستندا کەرتی ڕێکخستنی دوکان تاکە کەرتە ئەم چەشنە بڵاوکراوەیەی بە شێوەیەکی سیستماتیک دەرکردووە.

هەرچەند ئەم زنجیرەیە بە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی دەژمێردرێ بەڵام جیاوازیی لە بڵاوکراوە ناوخۆییەکانی وەک «ژیانی ڕێکخراوەییمان»ی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و «ڕۆشنبیری»ی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەوە دایە کە سنوری بڵاوبونەوەی سنورێکی تەنگەبەر بووە، تەنها سنوری کەرتی ڕێکخستنی دوکانی گرتۆتەوە و زۆرتر وەک بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری خۆی نواندووە، بە تایبەتی کە لەو ماوەیەدا گۆڤاری «کۆمەڵە» ڕاگیرابوو و ڕێکخستنەکان لە دۆخی بۆشایی فیکریدا دەژیان.

## زوبێر عوسمان



کادیری دێرینی ڕێکخستن. ناوی تەواوی زوبێر عوسمان حەمەد عوسمان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧١ی گوندی خانەقای سەر بەقەزای ڕەواندز. ساڵی ١٩٧٧ لەگوندەکەی خۆی خراوەتە بەر خوێندن بەڵام

قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی لە ئۆردوگای مەلا ئۆمەری نزیك هەولێر و ئامادەیی لە هەریر تەواو كردووە.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردو وەك هەڵسوڕاوێكی كارا كاری لە ڕێكخستنەكاندا كردووە. لە ڕەوتی خۆئامادەكردندا بۆ راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە هەریر بەشداریی لەشانە چەكدارەكانی بروسكدا كرد و هەر ئەو ساڵە بووە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی باڵەك. ساڵی ١٩٩٢ كرایە ئەندامی كەرتی ڕێكخستن.

ساڵی ١٩٩٣ لە كۆلیجی بەڕێوەبردن و ئابوریی زانكۆی سەلاحەددین وەرگیرا. ساڵی دواتر بە ئەندامی كۆمیتەی زانكۆی یەكێتی هەڵبژێردراو لەم سەروبەندەدا كرایە لێپرساوی كەرتی ڕێكخستنی كۆلیجەكە. ساڵی ١٩٩٦ بە هۆی رووداوەكانی ٣١ی ئابەوە قۆناغی چوارەمی زانكۆی پێ تەواو نەكراو لە خوێندن دابڕا. لەو ماوەیەدا لەگوندەكانی شێنێ‌و زەڵێ گیرسایەوەو هەمان ساڵ بەشداریی لە ئۆپەراسیونی یەكەمی گەردەلولی تۆڵەدا كرد كە تێیدا هێزەكانی یەكێتی زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەكانیان لە هێزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان سەندەوە. دواتر لە سنوری مەڵبەندی ٦ی ڕێكخستنی سۆران كاری كردو ساڵی پاشتر بە پلەی رابەری سیاسی لە هێزی هەڵگورد لەقۆڵی باڵەك دەست بەكار بوو. ساڵی ١٩٩٩ بەشداریی خولێكی شەش مانگیی كۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان كردو پلەی مولازمی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٣ كرایە ئەندامی دەستەی فەوجی تایبەت و هەر ئەو ساڵە قۆناغی چوارەمی خوێندنی لە كۆلیجی بەڕێوەبردن‌و ئابوریی زانكۆی سلێمانی دەست پێكردو ساڵی دواتر، پاش حەوت ساڵ دابڕان لە خوێندن، بڕوانامەی بەكالۆریۆسی بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠٠٥ گوێزرایەوە بۆ فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە و هەر ئەو ساڵە كرایە ئەندامی لیژنەی باڵای فەرماندەیی و لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە پاڵ كارەكانی لە فەرماندەیی، ئەركی چاودێریی تەندروستی و كۆمەڵایەتیی كەم ئەندامانیشی لە وەزارەتی پێشمەرگە گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠١٠ لە كۆنگرەی سێیەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. هەمان ساڵ بەلێپرساوی كۆمیسیونی چاودێریی دارایی ئەنجومەنی ناوەند و لە ساڵی ٢٠١١دا بە جێگری یەكەمی سكرتێری ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

لە كۆنگرەی چوارەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی سۆران، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی هەڵبژێردرا، لە ئازاری ٢٠٢٠دا لە هەڵبژاردنی لێپرساوانی مەڵبەندەكانی ڕێكخستندا، بە لێپرساوی مەڵبەندی ٦ی ڕێكخستنی سۆران هەڵبژێردرا.

## زەرگەتە (چالاكیی هێزی پێشمەرگە)

چالاكییەكی هێزی پێشمەرگەیە لە ناو شاری سلێمانی. شەوی ١٦ لەسەر ١٧ی ئایاری ساڵی ١٩٨٦ هێزێكی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون چووە ناو شاری سلێمانی‌و لە نزیك گوندی زەرگەتە لەسەر شەقامی شەستی، پەلاماری دوو رەبیەی سوپای عیراقی دا.

رەبیەی یەكەم دەستی بەسەردا گیراو هی دووەم وێران كرا. لە هەردوو هێرشدا دوژمن زیاتر لە ٢٠ كوژراوی لێ كەوت كە هەموویان لە میلیشیای كەرتی ژمارە ٣٠ی ئەبو جەعفەری مەنسوری جەیش

شەعبی بون. لە ناو کوژراوەکاندا ناوی چواریان زانراو دواتر ئەو ناوانە لەڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرانەوەو لە هەردوو رۆژنامەی «رێبازی نوێ» و «شەرارە» بڵاو کرانەوە.

دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە لەم چالاکییە ١١ پارچە چەك و سندوقێك نارنجۆك و چەند هەزار فیشەك بوو.

## زەرون (خولی کادیران)

خولی هۆشیارکردنەوە و رۆشنبیریی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە١٩ی تەموزی ١٩٧٦ لە گوندی زەرونی دۆڵی سەفرەو زەرون لە ناحیەی ماوەت. هەرچەند خولەکە یەکەم خولە کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە سەردەمی پێشمەرگایەتی بۆ کادیرەکانی رێك خستووە، بەڵام خاڵە گرنگەکەی ئەم بابەتە لەوە دایە کە ئەم خولە یەکەمین خولی کادیرانە پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، بەتایبەتی کە هێشتا دوو مانگ بەسەر دەستپێکردنەوەی پرۆسەکەدا تێنەپەڕی بوو.

بە پێوانەی ئەو وانانەی کە لە خولەکە وتراونەتەوە، خولەکە روخسارێکی سیاسی- ئایدیۆلۆژی بەسەریدا زاڵ بووە.

لە خولەکەدا سێ وانەبێژ، وانەیان وتۆتەوە کە ئەمانەن: شاسوار جەلال ناسراو بە ئارام، تەها باراوی و ئازاد هەورامی. ماوەی خولەکە سێ هەفتە بووە، حەوت کادیریش بەشدارییان تێدا کردووە کە ئەمەش ناوەکانیانە: غەریب هەڵەدنی، عەلی عەبدوڵڵا سەعید (ئومێد)، رەسول محەمەد، نەجم عەبدولڕەحمان (کەریم)، خالید محەمەد (هیوا)، خالید برایم (فارس)و حەبیب زەنگەنە.

## زەڵێ (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکان)

کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە زەڵێ لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆتایی کانونی دووەمی ١٩٨١. کۆبونەوەکە چەند رۆژێکی خایاندو بە شێوەی زەنجیرەیەك سیمیناری سیاسی بەڕێوە چوو و چەردەیەك بابەتی گرنگ و هەستیاری تێدا وروژێنرا لەوانە رۆڵی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئایندەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانی.

کاتی بەستنی کۆبونەوەکە کاتێکی گونجاو نەبوو چونکە لەو کاتەدا رێکخەری کۆمەڵە، نەوشیروان مستەفا، لە لای مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە فەرماندەیی تاهیر عەلی والی دەستبەسەر کرابوو و هەڕەشەیەکی زۆر لەسەر ژیانی هەبوو. بۆیە کۆبونەوەکە لێکدانەوەی خراپی بۆ کراو دواتر کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پەیوەندییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە بەجێ هێشت. هەروەها لەو کاتەدا تاڵەبانی لە دەرەوەی وڵات بوو. نەشدەگونجا بابەتێکی گرنگی وەك ئایندەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانی بەبێ بەشداریی ئەو بروژێنرێ، جگە لەوەی کە سروشتی ئەم جۆرە بابەتانە پێویستی بەوە دەکرد کە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و بە ئامادەبونی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی تاوتوێ بکرێ نەك لە کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکان، لە کاتێکدا کە کەمترین ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بەشدارییان لە گفتوگۆکانی کۆبونەوەکاندا کردووە.

لە بنەڕەتدا بابەتی دەستبەسەرکردنی نەوشیروان

مستەفا بابەتی سەرەکیی کۆبونەوەکە بوو و لە دەستپێکدا کۆبونەوەکە روخسارێکی راوێژکارانەی وەرگرت و تەنها لەسەر تاوتویێ کردنی بابەتە سەرەکییەکە گیرسایەوەو بە لای هیچ مەسەلەیەکی تردا نەچوو، بەڵام دواتر کۆبونەوەکە کۆبونەوەی تری بە دوادا هات، رێچکەیەکی تری گرتە بەرو چووە سەر مشتومالّ کردنی چەند پرسێکی چارەنوسسازو هەستیار کە نەدەبوو بە بیێ ئامادەبونی تاڵەبانی وەك سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نەوشیروان مستەفا وەك رێکخەری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەستیان بۆ ببریێ.

کۆبونەوەکان چەند رۆژێکیان خایاند و بە ئامادەبونی ٥٧ کادیری پێشکەوتوو بەرێوە چون. کۆبونەوەکان بە سەرپەرشتیی فەرەیدون عەبدولقادر و فازل کەریم ئەحمەد ئەندامانی سەکردایەتیی کۆمەڵە هەڵسوڕان. بەپێی دەربڕینی فازل کەریم ئەحمەد لە کتێبەکەیدا «هەورێکی نەزۆك و مێژویەکی ناکۆك» کە تێیدا وەڵامی قسەکانی برایم جەلالی لە کتێبی «چەپکێك لە مێژوی کۆمەڵە» داوەتەوە، فەرەیدون عەبدولقادر لە کۆبونەوەکانی زەڵیێ دا رۆڵێکی «بنچینەیی» لە «هاندان و کۆکردنەوەو وروژاندنی بیروڕای ناو کادیران»دا هەبوە. پاش کۆبونەوەی یەکەم کە دەروازەیەك بوو بۆ وروژاندنی بابەتە هەستیارەکان، بابەتە ویستراوەکان هێنرانە پێش، لەوانە رۆڵی کۆمەڵەی رەنجدەران لە ناو یەکێتیی نیشتمانی و شێوەی کارکردن بۆ دابین کردنی سەربەخۆییەکی زۆرتر بۆ هەڵسوڕانی کۆمەڵە لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیدا. لە تاوتوێکردنەکاندا کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیدا وەك مافخوراوو ستەملێکراو نیشان دراو ئۆباڵی ئەو مافخوراوی و ستەملێکراوییەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خرایە ملی نەوشیروان مستەفاوە. بەڵام مەترسیدارترین تێز کە لە کۆبونەوەکاندا بانگەشەی بۆ کرا، ئەوە بوو کە سەربەخۆیی کۆمەڵە لە ژێر هەڕەشە دایەو پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانی پێویستی بە هەموارکردنەوەیە. تیۆریی بونی «هەڕەشە» لەسەر «سەربەخۆیی»ی کۆمەڵە زۆر رون نەبوو. ئەوانەش کە لە کۆبونەوەکاندا بانگەشەیان بۆ دەکرد، بە ئەنقەست بە تەمومژی بەلایدا دەچون. دروست کردنی فۆبیای لەدەستدانی «سەربەخۆیی»ی کۆمەڵە، رێخۆشکەر بوو بۆ زەق کردنی کاریگەریی تاڵەبانی لەسەر سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی کۆمەڵەو لەم سەروبەندەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە نەوشیروان مستەفا هۆکاری سەقامگیرکردنی هەژمونی تاڵەبانییە لە ناو کۆمەڵەدا. لە سۆنگەی وروژاندنی ئەم بابەتانەوە، بابەتی سەرەکیی کۆبونەوەکان کە دەستبەسەرکردنی نەوشیروان مستەفا بوو لە لایەن حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە، بە لاڕێدا براو گفتوگۆکان چوونە سەر باسکردنی چەند بابەتێکی تر کە پەیوەندییان بە بابەتە سەرەکییەکەوە نەبوو. بەمجۆرە، بەپێی فازل کەریم ئەحمەد لە سەرچاوەی ئاماژەپێکراوی پێشوودا، بابەتەکە چووە سەر باسکردنی «مەترسیی بەرزبونەوەی دەوری کاك نەوشیروان» و «داهاتوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان»، تەنانەت گفتوگۆکان پرسی سەربەخۆیی کۆمەڵەیان لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێپەڕاندو چونە سەر تاوتویێ کردنی ئەگەری «جیابونەوە»ی کۆمەڵە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. فەرەیدون عەبدولقادر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد حەمەد ئەمین کە ٣١ سالّ پاش کۆبونەوەکانی زەڵیێ ئەنجام دراوە، ئەو پاساوە بۆ وروژاندنی بابەتی سەربەخۆیی کۆمەڵە دێنێتەوە کە کۆمەڵە لەو کاتەدا پێویستی بە

پاراستن بووە چونکە پڕۆژەیەك بۆ وەرگرتنی سامی عەبدولڕەحمان و دکتۆر مەحمود عوسمان لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئارادا بوو و ئەو پێی وا بووە ئەم پڕۆژەیە مایەی «مەترسی»بووە لەسەر کۆمەڵە. هەرچەند ئەم بابەتە لە کۆبونەوەکاندا باس کرا، بەڵام بابەتی وەرگرتنی ئەو دوو کەسە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شیاوی ئەوە نەبوو کە «مەترسی» دروست بکات، جگە لەوەی کە وەرگرتنیان لە بنەڕەتدا ئاسان نەبوو چونکە یەکەمیان بە کوشتنی هەر یەك لە عەلی عەسکەری و خالید سەعید و حسێن بابە شێخ لە ئۆپەراسیۆنی هەکاری تۆمەتبار کرا بوو و دووەمیان گومانی ئەوەی لێ دەکرا کە لە ساڵی ۱۹۷۹دا دەستی لە جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا هەبوە، سەرباری ئەوەی کە ئەم بابەتە وەك ئەگەرێکی لاواز لە ئارادا بوو و زۆر بە هەند وەرنەگیرا بوو.

هۆی راستەقینەی بەستنی کۆبونەوەکانی زەڵێ خۆ ئامادەکردن بوو بۆ قۆناغی پاش نەوشیروان مستەفا و لەم سەروبەندەدا کۆبونەوەکان رەنگدانەوەی هەماهەنگییەکی پێشوەخت بون لە نێوان فەرەیدون عەبدولقادر وەك نوێنەری باڵی سەرکردایەتیی کۆنی کۆمەڵەو فازل کەریم ئەحمەد وەك نوێنەری باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان. هەردوو باڵ گیریان بە دەست فراوانبونی دەسەڵات و کەسایەتیی کاریزمایی نەوشیروان مستەفاوە خوارد بوو و هەردوکیان خۆیان لەو بە شایستەتر بۆ رابەرایەتی کردنی کۆمەڵە دەزانی. تێڕوانینی زاڵ بەسەر هەردوو باڵدا ئەوە بوو کە نەوشیروان مستەفا، تەنانەت ئەگەر ئازادیش بکرێ، ناتوانێ رابەرایەتیی کۆمەڵە بکات و ئیتر ژیانی سیاسیی، کۆتایی هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو باڵ دریغییان لە هیچ هەوڵێك بۆ ئازادکردنی نەکرد، چ بە شێوەی دیپلۆماتکارانە چ بە هەڕەشە و گوشار. مەسەلەی ئەوەی کە نەوشیروان مستەفا گەیشتۆتە کۆتایی ژیانی سیاسیی وەك مەسەلەیەکی بەڵگە نەویست مامەڵەی لەگەڵ دەکراو وا دەڕوانرایە مەسەلەی ئازادکردن و ئازاد نەکردنی کە هیچ لە ئەنجامی کۆتایی ناگۆڕێ. لە هەلومەرجی ئەم تەنگژەیەدا، دەربازکردنی نەوشیروان مستەفا بە رێوشوێنی دیپلۆماتکارانەو تەنانەت بە بەکارهێنانی فشارو زۆریش، بە مانای بەردەوامبونی ژیانی سیاسیی نەدەهات. ئەگەر حزبی سۆسیالیستیش بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە یان لە ترسی تەشەنە سەندنی قەیرانەکە ئازادی بکردایە، هیچ دەرفەتێك بۆ بەردەوامبونی ژیانی سیاسیی پێك نەدەهات. لە نەریتی سیاسیدا، دەستبەسەرکردنەکە بە «ریسوایی» دادەنرا، بەتایبەتی بۆ کەسایەتییەکی گەورەی وەك نەوشیروان مستەفا کە بە کەسی دووەمی یەکێتیی نیشتمانی دادەنراو بە شێوەیەکی تایبەتتریش چونکە رووداوەکە لە بنەڕەتدا ئەنجامی هەڵەو کەمتەرخەمیی خۆی بوو. ئەو لە شەڕدا نەگیرا بوو، بۆیە حیسابی دیلی بۆ نەدەکرا، بەڵکو بە کارێکی تایبەت کە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نەبوو، بە دوو پێشمەرگەوە، لە ناوزەنگەوە چوو بوو بۆ شارباژێر. لەوێ هەوڵێکی جوامێرانەی بۆ چارەسەرکردنی گرژییەکانی نێوان پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان دابوو. بە بێ ئەوەی هیچ هێزێکی لەگەڵدا بێ، نامەی بۆ بەرپرسەکانی حزبی سۆسیالیست نوسی بوو و لەگەڵیشیان کۆ ببۆوە. بۆیە، زۆر بە ئاسانی دەستبەسەر کرا.

لەم سەروبەندەدا ئەگەری ئەوەی کە نەوشیروان مستەفا لەو قەیرانەدا گیانی لە دەست بدایە ئەگەرێکی لەبەرچاو بوو، بەتایبەتی کە زیاد لە لایەنێك بەرژەوەندییان لەوەدا بوو کە بکوژرێ.

تەنانەت ئەگەر هێزەکەی حزبی سۆسیالیستیش ئازادی بکردایە، ئەگەری ئەوە هەبوو دەستەیەکی یاخیی هێزەکە دەستڕێژی لێ بکا، یاخود دەستەیەك بەر لە ئازادکردنی تەقەی لێ بکاو خۆی رادەستی حکومەتی عیراق بکاتەوە، یاخود لە کاتی هێرشی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی بۆ رزگارکردنی بکوژرێ. لانی کەم، دوو پلانی مەترسیداریش بۆ لە ناوبردنی هەبوو. یەکەمیان، پلانێکی حکومەتی عیراق بوو کە خوازیار بوو هێزەکەی حزبی سۆسیالیست بارمتەکەی رادەست بکا. ئەم ئۆفەرەش بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی عیراق فازل بەڕڕاك بە نامە ختبویە بەردەمی تاهیر عەلی والی. ئەوی تر پلانی هێزەکەی حزبی سۆسیالیست بوو کە بە نیاز بوو بارمتەکە رادەستی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکا لە سورێنی دیوی ئێران.

بۆیە، ئەگەری ئەوەی کە نەوشیروان مستەفا بە سەلامەتی لە تەنگژەکە دەرنەچێ زۆر بە وردی حیسابی بۆ کرا بوو. مەسەلەی ئەوەش کە بەپێی سەودایەکی سیاسی یان بە شەڕ ئازاد بکرێ، وا لێی دەڕوانرا کە لە بەرەنجامدا هەر بە وازهێنانی نەوشیروان مستەفا لە سیاسەت کۆتایی دێ.

بەڵام راکردنی نەوشیروان مستەفا هەموو شتێکی گۆڕی و کارێکی وای کرد کۆبونەوەکانی زەڵێ ئامانجە شاراوەکانیان بەدی نەهێنن. لەگەڵ گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بۆ ناوزەنگ، ئەو هەماهەنگی و لێك نزیکبونەوەیەی کە لە نێوان بەڕێوەبەرانی کۆبونەوەکانی زەڵێ لە ئارادا بوو، لێکترازاو هەڵوەشایەوە.

کۆبونەوەکانی زەڵێ پەردەیان لە روی ململانێ شاراوەکانی ناو کۆمەڵەی رەنجدەران هەڵماڵی و بونە مایەی هەنگاونان بە خێرایی بەرەو بەستنی کۆنفرەنسی چاوەڕوانکراو. پاش گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بۆ ناوزەنگ بە ماوەیەکی کەم، دەست بە ئامادەکاری و خۆسازدان بۆ گرتنی کۆنفرەنس کرا، لە ئەنجامدا کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەران لە ئایاری ١٩٨١ بەسترا.

لە کۆنفرەنسی یەکەمدا نەوشیروان مستەفا بەرپەرچی ژاوەژاوی لەدەستدانی سەربەخۆیی کۆمەڵەی دایەوە. ئەم مەسەلەیە بە پلەی یەکەم، ئەوی گرتۆتەوە، چونکە ئەو بوو کە تۆمەتی لەدەستدانی سەربەخۆیی کۆمەڵەی دەخرایە پاڵ، هەروەها بە پلەی دووەم خودی تاڵەبانیی گرتۆتەوە کە گوایە لە رێی نەوشیروان مستەفاوە هەژمونی خۆی بەسەر کۆمەڵەدا سەپاندووە، نوزەی لە کۆمەڵە بڕیوەو هیچ سەربەخۆییەکی بۆ نەهێشتۆتەوە. لەو راپۆرتەی کە نەوشیروان مستەفا نوسیبوی و دواتر کۆنفرەنس، پاش بڕێك دەستکاری کردن، وەك دیکۆمێنتێکی فەرمی پەسندی کرد، وەڵامی لایەنگرانی تیۆریی لەدەستدانی سەربەخۆیی کۆمەڵەی دایەوە، لە بەراییدا نیشانیدا کە قسەکە لە بنەمادا «راست نیە». دواتر رونی کردەوە کە کۆمەڵە لە دیاریکردنی بەرنامەو رێبازی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا رۆڵێکی «کاریگەرو سەرەکی» ی گێڕاوەو تەواوی رێبازی سیاسی و پێشمەرگانەی یەکێتیی نیشتمانی «نواندنەوەی هەمان رێبازی سیاسی و پێشمەرگەیی کۆمەڵە» بووەو لە کۆتاییدا مشتومڕەکەی بەوە بڕییەوە کە «بێگومان کۆمەڵە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە».

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

*کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

*ئاڵای شۆڕش (رێکخراو).

## زەمەقی (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی دوو مەفرەزەی هەرێمی ١ی هەورامانە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٨١دا کە تێیدا هێزی پێشمەرگە دەستی بە سەر بارەگای رێکخراوی حزبی بەعسدا گرت لە ئۆردوگای زەمەقی کە دەوروبەری دوو کیلۆ مەتر لە باکوری رۆژئاوای شاری هەڵەبجەوەیە. ئۆپەراسیۆنەکە بە هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر بارەگاکە بە ئار پی جی و چەکی سوك دەستی پێ کرد. شەڕەکە بە کوژرانی لێپرسراوی بارەگاکەو چوار سەربازو دیل کردنی سەربازێك کۆتایی هات. هەروەها لە شەڕەکەدا دەست بەسەر ژمارەیەك چەکدا گیرا. لە شەڕەکەدا پێشمەرگەیەك بە ناوی کەریم شێخ عەلی کە خەڵکی گوندی عەبابەیلێ بوو بە سەختی بریندار بوو.

هێزەکە پاش کشانەوەی، بریندارەکەی گەیاندە دەوروبەری گوندی بەشارەتیی ژوروو. پلانێك بۆ فریاکەوتنی بریندارەکە دانرا. خێرا پەیوەندی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کرا لە هەڵەبجەو داوایان لێ کرا مشوری بریندارەکە بخۆن. بریندارەکە رادەستی رێکخستنەکان کراو هێزەکە روی کردە دێی سواری و کەوچکتاش.

رێکخستنە نهێنییەکان ئەرکی فریاکەوتنی بریندارەکەیان گرتە ئەستۆ، داوو دەرمان و برینپێچیان بۆ دابین کردو تەنانەت خوێنیشیان بۆ کاتی پێویستی دابین کردو بە رێکوپێکی تیماریان کرد. پاش هەموو ئەمە، لە شوێنێکی پارێزراو دایاننا. دواتر، هێزەکەیان دۆزییەوەو لە دێی سواری لە دەشتی شارەزور، بریندارەکەیان رادەستی هێزی پێشمەرگە کرد. هەر ئەو شەوە، هێزەکە لە جادەی نێوان سەرای سوبحان ئاغاو گرێزە پەڕییەوەو چوو بۆ گوندەکانی پەرخ و بیووك لە باشوری رۆژئاوای ناڵپارێز، لەوێشەوە چوو بۆ دێی پارەزان کە چەند بارەگایەکی هێزی پێشمەرگەو نەخۆشخانەیەکیشی لێ بوو. لەوێوە رەوانەی نەخۆشخانەی بارەگاکانی سەرکردایەتی کراو پاشان لەوێوە نێردرایە تاران. لەوێ چارەسەری پێویستی بۆ کرا. پاش چاکبونەوەی، گەڕایەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە.

## زەنان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ لەگوندی زەنان لە نێوان چەمچەماڵ و سەنگاو. زانیارییەکانی هێزی پێشمەرگە ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە سوپای عیراق پلانێکی بۆ روخاندنی گوندی زەنان هەیە. لەم سۆنگەیەوە پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ی هەمەوەندی سەر بە تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ٢٩ی تشرینی دووەم بۆسەیان لە نزیك گوندی کونەکۆترو قەڵاچۆغە دانا. کاتێك کاروانێکی سەربازو جاش کەوتە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکان کاروانەکەیان دایە بەر ئاگری چەکەکانیان و پاش شەڕێکی دوو سەعاتی، ژمارەیەك سەربازو جاش کوژران و دوو ئۆتۆمبێلیش وەك دەسکەوت کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگەوە. هێزی پێشمەرگە یەك شەهیدی هەبوو.

لە ٣٠ی تشرینی دووەمدا هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق بە پاڵپشتی جاش و بە پشتیوانیی ٦ هەلیکۆپتەری جەنگی و ٢ فرۆکەی هەنتەر هێرشیان کردە سەر گوندی زەنان و شەڕێکی سەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراق دامەزرا.

لەم سەروبەندەدا مەفرەزەیەکی کەرتەکە کە ئەو کاتە لەگوندی دێڕەشە بوو، لە نزیك گوندی چراغە رووتە بۆسەیەکی بۆ جاشەکان نایەوەو دەستێکی کاریگەری

لێوەشاندن. لە هەمان کاتدا پێشمەرگەکانی کەرتی ٥ی باسەڕە بە فەرماندەیی قادر مەملی و هێزی پشتگیری و ئەو پێشمەرگانەی تازە لە دەشتی هەولێر گەڕابوونەوە، فریای پێشمەرگەکان کەوتن و گوشاری هێرشی سوپای عیراقیان لەسەر کەم کردنەوە.

سەر لە ئێوارە، هێزەکانی سوپا بە زیانێکی زۆرەوە بەرەو چەمچەماڵ پاشەکشەیان کرد. پاش کشانەوەی هێزەکە، سوپا بەهاوەن کەوتە بۆردومان کردنی گوندەکە. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا، گوندەکە خاپور بوو و زۆربەی هەرە زۆری خانووەکانی گڕیان تێ بەر بوو.

دوژمن دەیان سەربازو جاشی لێ کوژراو ٧ کامیونی لێ تێکشا. ئۆتۆمبێلێکی لاندکروزەرو ٢ کلاشینکۆف و یەك دەمانچەو کۆمەڵێك تەقەمەنی، دەستکەوتی پێشمەرگە بوون. لە هێزی پێشمەرگە یەك شەهید هەبوو کە محەمەد حاجی عومەر چەشمە بەردینییە، لەگەڵ ٣ بریندار.

## زەنگەڵان (شەڕ)

شەڕێکی بەربڵاوە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزێکی هاوبەشی جاش و کۆماندۆی سوپای عیراق لە ماوەی ٦- ٩ ی شوباتی ١٩٨٣ کە تیپەکانی ١٤ی ئاکۆ، ٧٥ی کۆدۆ، ١٢ی سۆران، ٧٤ ی باڵەك، ٧٨ی کاروخ و ٧٩ی شەهیدان بەشدارییەکی کارایان تێدا کردووە.

لە ٦ی شوباتی ١٩٨٣دا هێزێکی هاوبەشی پێکهاتوو لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٤ی ئاکۆ و تیپی ٧٥ ی کۆدۆ، بە هاوکاریی کەرتی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و ناوچەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان و دەستەیەك پێشمەرگەی هێزی پشتگیری، بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری تایبەت بە ناوچەی پشدەرە رەقەدا گەڕا.

لە ٧ی شوباتدا بە دەم تۆپباران کردنی ناوچەکەوە لە سەربازگەی قادراواوە، هێزێکی بەربڵاوی پێکهاتوو لە کۆماندۆ و جاشەکان، بە پشتیوانیی تۆپی ١٠٦ ملم، لە گوندی زەنگەڵان هێرشی کردە سەر هێزە هاوبەشەکە. شەڕێکی سەخت لە نێوانیاندا رویدا کە دەوروبەری شەش سەعاتی خایاند. شەڕەکە کوژرانی ٣ جاش و بریندار بونی ٩ جاشی تری لێ کەوتەوە. هێزی پێشمەرگە شەهیدێکی بە ناوی محەمەد ئاغا هەبوو کە پێشمەرگەی تیپی ١٤ ی ئاکۆ بوو، لەگەڵ بریندار بونی پێشمەرگەیەکی تر.

لەم سەروبەندەدا لە ٨ی شوباتدا هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی ٣ کە پێکهاتبوو لە تیپەکانی ١٢ی سۆران، ٧٤ ی باڵەك، ٧٨ی کاروخ و ٧٩ی شەهیدان بۆ پشتگیریی هێزە هاوبەشەکەی پشدەرە رەقەو بەرەنگاربونەوەی هەر هێرشێکی تر کە دەشێ بکرێتە سەر ناوچەکە، بەرەو پشدەرە رەقە بەڕێ کەوت. هەر ئەو رۆژە هێزێکی گەورەی جاش و کۆماندۆ بە پشتیوانیی زرێپۆش بەرەو چیاکانی پشت گوندی ماخوبزنان بەڕێ کەوت. لەوێ شەڕێکی گەورە رویدا و لە کۆتاییدا هێزەکانی دوژمن لە ناوچەکە راو نران، بەڵام تاك و تەرا هەندێ هێز لە ناوچەکە بە پەراگەندەیی مانەوە.

لە ٩ی شوباتدا پێکدادان لەگەڵ یەکێ لەو هێزە پەراگەندانە لە دەوروبەری گوندی ماخوبزنان رویدا کە زۆربەی لە جاش پێکهاتبوو. هێزی پێشمەرگە دەرفەتی گەمارۆدان و لەناوبردنی هێزەکانی نەبوو چونکە رەبیەکانی سوپای عیراق لە دەوروبەری ماخوبزنان و گرتك بە هاوەن و دۆشکا پشتگیریی جاشەکانیان دەکرد و بەربەستیان بۆ جموجوڵی هێزی پێشمەرگە دروست دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هێزی پێشمەرگە تا گوندی دوگۆمان جاشەکانی راو ناو

لەوێش دەری پەڕاندن و چووە ناو گوندەکە. هێزی پێشمەرگە تا ساڵی ١٩٨٨ باڵادەستیی خۆی لە ناوچەکە پاراست و ڕێی بە هیچ پێشێلکارییەکی گەورە نەدا.

## زێ (ڕێککەوتنی مەیدانی)

ڕێککەوتنێکی مەیدانییە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە سنوری پارێزگای سلێمانی، لەگوندی زێ لە ناوچەی شارباژێر واژۆ کرا.

ڕێککەوتنەکە لە نێوان لقی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە لێپرسراوەتیی ئاسۆ شێخ نوری و نێوان هەردوو لقی سێ و چواری پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆ کرا. بەپێی ڕێککەوتنەکە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی بە ناوچەی کراوە بۆ هەردوولا بۆ ئەنجامدانی چالاکیی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی و سیاسی دانرا، بەڵام تەمەنی ڕێککەوتنەکە کورت بوو، هەمووی چەند مانگێکی خایاندو هەڵوەشایەوە.

هەرچەند هەر لە سەرەتاوە ئومێدێکی زۆر لەسەر ڕێککەوتنەکە هەڵنەچنرا بوو، بەڵام لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بۆچونەکە وابوو کە لە دۆخی بە ئەستەم گەیشتن بە ڕێککەوتنی سەرتاسەری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەگەری هاتنە ئارای دەرفەتی لەبار بۆ هێنانە دیی ڕێککەوتنی مەیدانی، بونی ڕێککەوتنێکی مەیدانیی سنورداری کرچ و کاڵ لە نەبونی ڕێککەوتنێکی سەرتاسەریی گشتگیر باشترە. بەم پێیە، ئاسۆ شێخ نوری ڕاسپێردرا دریغی لە هیچ هەوڵێك بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی مەیدانی نەکات.

تێڕوانینەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ڕێککەوتنی مەیدانیی سنوردار هەم لێی ڕادەبینرێ ئاشتی لە نێوان هەردولا لە پانتاییەکی دیاریکراودا دابین بکات، هەم لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەزمونەکەدا دەشێ لە قۆناغەکانی داهاتودا ڕێ بۆ ڕێککەوتنی سەرتاسەری خۆش بکات.

سەرەڕای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، گۆڕانێکی ریشەیی لە رەوشی سیاسی نەهاتە دی. پاش ڕێککەوتنەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق، هاوپەیمانەکانی لە بەرەی جود، هەروەها بە پشتیوانیی ئێران کە لەو قۆناغەدا پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر خراپ بوو، خۆیان بۆ گەڕێکی تری ململانێی چەکدار ئامادە کرد.

نەبونی متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییە رکابەرەکاندا چانسی بەردەوامبونی هیچ ڕێککەوتنێکی مەیدانی و نامەیدانیی نەدەڕەخساند. تا ئەو کاتە تیۆریی زاڵ بەسەر بیرکردنەوەی هەموو لایەنەکاندا ئەوە بوو کە جارێ ئاشتی زۆری ماوە بچەسپێ و چانسی بژاردەی یەکلاکردنەوەی ململانێ لە ڕێگای هێزەوە لە بژاردەکانی تر بەبرەوترە.

## زیخی گەرەوان (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی تیپی ١٢ی سۆرانە لە زیخی گەرەوان لە ناوچەی رەواندز کە تێیدا پێشمەرگەکان توانیویانە تانکێکی هێزەکانی عیراق وێران بکەن. سەعات ١١ی یەکی تەموزی ساڵی ١٩٨٨ مەفرەزەیەکی تیپی ١٢ی سۆران بەپێی پلانێکی ورد دزەی کردە ناو زیخی گەرەوان و بە ئار پی جی هێرشی کردە سەر تانکێکی هێزەکانی عیراقو وێرانی کرد.

هەر ئەو ڕۆژە هێزەکانی عیراق بۆسەیەکیان بۆ مەفرەزەکە دانا بەڵام پێشمەرگەکان شوێنی بۆسەکەیان ئاشکرا کردو لە قۆڵێکەوە کە دوژمن پێشبینیی نەدەکرد لەوێوە هێرش بکرێتە سەری، پەلاماری بۆسەکەیان داو زیانی کوژرانی ٤ سەربازو یەك جاش و برینداربونی ژمارەیەکی تریان لێ داو هاوەنێکی ٦٠ ملیمیان وێران کرد.

## زیرەک خدر حەمەد ئەمین



پێشمەرگە و کادیری عەسکەری . لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندیی لە کۆیە و پەیمانگای مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٨ لەگوندی سوسنای سەر بە ناحیەی گردەسینی قەزای ئاکرێ بە مامۆستا دامەزراوەو هەر ئەو ساڵەش پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. لە کاتی مامۆستایەتیدا فشارێکی زۆری خراوەتە سەر تا ببێ بە بەعسی بەڵام ئەو ئەمەی ڕەت کردۆتەوەو لەم سۆنگەیەوە لە ساڵی ١٩٧٩دا لە مامۆستایەتی دور خراوەتەوە.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی ئیدارەو دارایی قوەتی دەشتی هەولێری پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٨٢دا بووە کادیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە سنوری تیپی ٩٣ی کۆیە. لەو ماوەیەدا پلەکانی پێشمەرگایەتیی پلە بە پلە بڕیوە. لە ساڵی ١٩٨٥دا بووەتە فەرماندەی مەفرەزەو لە ساڵی ١٩٨٦دا بووەتە جێگری فەرماندەی کەرت و ساڵی دواتر بووەتە فەرماندەی کەرت و لە ساڵی ١٩٨٨دا بووەتە جێگری فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە و لەو ساڵەدا بەشدار بووە لە جموجوڵی یەکە پارتیزانەکانی قۆناغی دوای ئەنفالەکان. لە ساڵی ١٩٨٩دا کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ١٢ی سۆران. لە قۆناغی خۆسازدان بۆ ڕاپەڕین، بە شێوەی پارتیزانی لە سنوری کۆیە مایەوەو ڕایەڵەیەکی بە هێزی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکاندا دروست کرد.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی سنوری تیپی ٩٣ی کۆیەو ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی وەك شەڕەکانی قەیوان- ماوەت و داستانی ڕزگاری کردووە. چوار جار بریندار بووەو ئەمەش بۆتە هۆی لەکارکەوتنی دەستی چەپی‌و بونی بە کەمئەندام.

پاش ڕاپەڕین کرایە ڕابەری سیاسیی هێزی ٧ی کۆیەو ساڵی پاشتر لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی پێشمەرگەی لە سنوری بیتوێن پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٣ لە سوپای یەکگرتووی کوردستان لە بەشی هەواڵگریدا خزمەتی کردو ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی فەوجی تایبەتی کۆیە. لە ساڵانی ١٩٩٥و ١٩٩٦دا لە لیوای تایبەت و لەشکری ٩ی کۆیە کاری کردووەو لە کاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی یەکەمی «گەردەلولی تۆڵە» دا بەشداریی تێدا کردووەو ئەرکەکانی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە لە بواری کاروباری پێشمەرگە دێرینەکاندا چالاکییەکی زۆری نواندووە. ساڵی ٢٠٠٣ بۆتە ئەندامی لیژنەی خانەنشینیی پێشمەرگەو کەم ئەندامانی سەنگەر. ساڵی ٢٠٠٤

لێپرساوەتیی لقی کۆیەی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەم ئەندامەکانی سەنگەری گرتۆتە ئەستۆ و ساڵی ٢٠٠٧ بۆتە بە ڕپرسی نوسینگەی کۆیەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٨ بە پلەی ڕاوێژکار خانەنشین کرا.

## زێنانە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عیراق لەگوندی زێنانە لە ١٠ی نیسانی ساڵی ١٩٨٥. لە مانگی نیساندا هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچوون کە هێزەکانی عیراق بەنیازی هێرشێکن بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی گەرمیان. ڕای زاڵ لە ناو پێشمەرگە، زۆرتر ئەوە بوو کە دەشێ هێرشەکە لەقۆڵی سەرقەڵا- ئۆمەربلەوە ئەنجام بدرێ، بۆیە هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان لەگوندی بەلەگە دانراو هێزێکیش کە لە تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٧ی سەگرمە پێکهاتبوو، بۆ چاودێری کردنی قۆڵی نەوجول- دوزخورماتوو لەگوندی زێنانە دانرا.

لە ١٠ی نیساندا هێزێکی سوپای عیراق بە فەرماندەیی جەنراڵ بارق عەبدوڵڵا کە پێکهاتبوو لە هێزێکی بەربڵاوی پیادەو ١٠ فەوجی جاشەکانی هەرکی و سورچی و چەمچەماڵ و قادر کەرەم و دوزخورماتوو، بە پشتیوانیی ٤ هەلیکۆپتەری جەنگی و ٢ فڕۆکەی پیلاتۆزو ١٠ تانك و یەکەی تۆپخانەو تۆپی ١٠٦ ملم و هاوەنی جۆراوجۆر، لە قۆڵی نەوجول ـ دوزخورماتووەوە هێرشی کردە سەر ناوچەی داوودەو گەیشتە گوندی زێنانە. لەوێ دوو کەرتی تیپی ٥٧ی سەگرمەو دوو کەرتی تیپی ٥١ی گەرمیان ڕووبەڕووی هێرشەکە بوونەوەو نەیانهێشت لەوە زیاتر پێشڕەوی بکات.

گوندەکە هەم درایە بەر تۆپ هەم هەلیکۆپتەرەکان لەئاسمانەوە موشەکبارانیان دەکردو بە دۆشکا تەقەیان لێ دەکرد. لە ناو گوندو دەوروبەری شەڕێکی دەستەویەخە ڕوویدا.

پاش ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەگوندی بەلەگە دڵنیا بوون کە هێرش لە قۆڵی سەرقەڵا- ئۆمەربلەوە ناکرێ، هێزێك لەپێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان و تیپی ٥٣ی شێروانەو هێزی پشتگیری قۆڵەکەی بەجێ هێشت و ڕووی کردە زێنانە. ئەم فریاکەوتنە بەو سەرەنجامە گەیشت کە هێزەکانی دوژمن لەو قۆڵە لە هەندێ شوێن پاشەکشەیان پێ کرا.

شەڕ تا سەعات ٢٢ درێژەی کێشاو گوندەکە هەر بەدەست پێشمەرگەوە بوو، بەڵام مانەوە لە ناو گوند هیچ سودێکی نەمابوو، بۆیە هێزی پێشمەرگە و بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندەکە، وردە وردە پاشەکشەیان کرد، لەگوندەکە دەرچوون و لەگوندی زێنانەی ژووروو جێگیر بوون، بەڵام هێزێك بۆ قۆڵی عەزیز قادر- توکن نێردرا بۆ ئەوەی ئەگەر دوژمن پێشڕەویی کرد لێی بدرێ.

بەیانییەکەی، هێزەکانی عیراق چوونە ناو زێنانەو هەموو ئەو دانیشتوانەیان دەستگیر کرد کە نەچووبوونە دەرێ و پاش چەند مانگێك ئینجا ئازادیان کردن.

زیانی هێزەکانی عیراق لەم شەڕە بە ٤٠٠ کوژراوو ژمارەیەکی زۆری بریندار مەزندە دەکرێ. لەم شەڕەدا ٤ پێشمەرگەو یەك پێشمەرگەی هێزی پشتگیری و یەك هاووڵاتی شەهید بوون و گوندەکە زیانێکی گەورەی بەر کەوت.

## زینوی سپی (شەڕ)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی بارەگای سریەی سوپای عیراق لە چیای زینوی سپی لە ناوچەی ماوەت لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧. ئەم

ئۆپەراسیۆنە گەورەیە بە فەرماندەیی عومەر عەبدوڵڵا، بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری، بەڕێوە چووە.

هێزی پێشمەرگەی ئەنجامدەری ئۆپەراسیۆنەکە لە تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس و ٦٣ی جوتیاران و ٥١ی گەرمیان و تیپی پارێزگاریی بارەگای مەکتەبی سیاسی پێکهاتبوو. سەعات ٢ی شەو، هێزی پێشمەرگە لە سێ قۆڵەوە هێرشی کرد: قۆڵی یەکەم بە سەرپەرشتیی عومەر عەبدوڵڵا و نەبەز ڕەشید ئەحمەد ئامانجەکەی گرتنی بارەگاری سریەکە بوو، قۆڵی دووەم بە سەرپەرشتیی مستەفا سەید قادر و ئامانجەکەی گرتنی زنجیرە ڕەبیەکانی چیاکە بوو، قۆڵی سێیەم بە سەرپەرشتیی عوسمان شارستێنیو ئامانجەکەی پشتگیری کردنی قۆڵی یەکەم بوو لەگرتنی ڕەبیەکانی پشت گەلاڵە.

لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر بارەگای سریەکەو ١٧ ڕەبیەدا گیراو دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە سێ دۆشکاو ٥ هاوەن و ژمارەیەکی زۆری پارچە چەك و فیشەك بوو. دوژمن ژمارەیەکی زۆر کوژراوو ١٢ سەربازی دیلی هەبوو. لەم ئۆپەراسیۆنەدا تیمی هەڵگرتنەوەی مین بە ڕێنوێنیی عوسمان سێدەریو محەمەد ئەمین کوێرەکانی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئاسان کردنی پرۆسەی گرتنی ڕەبیەکاندا بینی. هێزی پێشمەرگە ٤ شەهیدی هەبوو.

## زینوی شەرگان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هەرێمی ٦ی پشدەر و هێزێکی عیراق لە زینوی شەرگان لە سەنگەسەر لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨. هێزەکەی سوپای عیراق خەریکی سەنگەر دروستکردن بوو. لە ئاکامدا ٨ سەرباز کوژران و بریندار کران.

## زینوی فریاد (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە زینوی فریاد لە دۆڵی جافەتی لە سنوری قەزای دوکان لە٥ی نیسانی ١٩٩١.

هێزەکانی عیراق پاش گرتنەوەی کەرکوك، دەستپێشخەرییان بەدەست هێنایەوەو دەستیان بەپێشڕەوی کرد بەرەو هەولێرو سلێمانی. هێزی پێشمەرگە وردە وردە دەشتەکانی چۆڵ کردو لە چیاکان خۆی توند کرد. لەنیساندا سوپای عیراق زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانی لە کورد سەندەوەو شەڕەکەی خستە ناوچە شاخاوییەکانەوە. لە سێ شوێنی جیاوازدا هێزی پێشمەرگە بەرگریی سەختی کردو توانی سنورێك بۆ پێشڕەویی هێزەکانی عیراق دابنێ. یەکەمیان لە چیای ئەزمڕ لە٥ی نیسان بەدواوە، دووەمیان لە زینوی فریاد لە٥ی نیسانو سێیەمیان لە کۆڕێ لە ٩ تا ١١ی نیسان. لەم سێ شوێنەدا هێزەکانی عیراق تێك شکان و چیتر نەیانتوانی درێژە بە پێشڕەویی خۆیان بدەن.

هێزەکەی زینوی فریاد لە یانزە پێشمەرگە پێك هاتبوو کە یەك ئارپیچی و ٢ ڕەشاشی بیکەیسیو سێ قەناسو پێنج کلاشنکۆفیان پێ بوو. پێشمەرگەکان زۆربەیان لەفەرماندەو پارتیزانەکانی پێش ڕاپەڕین بون. پاش شەڕێکی سەخت لە کەرکوك و گوندی چیمەن، بەرەو پیرەمەگرون کشابونەوە. لە پیرەمەگرون ٣٧ سەربازی دیلیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایە دەوروبەری سورداش و پاشان لەوێوە هەموویان گەیاندە بەرگەڵوو. هێزەکە بە بێسیم پەیوەندیی بەتاڵەبانییەوە کرد. تالەبانی دەستبەجێ فەرمانی دا کە دیلەکان ئازاد بکەن و ڕێ لە پێشڕەویی هێزەکانی عیراق بگرن. بەم پێیە، دیلەکان لەگوندی شەدەڵە ئازاد کران.

بەپێی پلانی هێزەکانی عیراق، نیاز وابوو هێزێکی

عیراق لە زینوی فریاد جێگیر بکرێ و ئەو هێزە لەوێوە بە دۆڵەکەدا بکەوێتە ڕێ بەرەو چیای ئەزمڕ بۆ تەنگەتاوکردنی هێزی پێشمەرگە کە هێڵێکی بەرگریی تۆکمەی لە ئەزمڕ دروست کردبوو.

سەعات ١٤ی ڕۆژی ٥ی نیسان هێزی پێشمەرگە لە دامێنی چیای سەرتەزێن و زینوی فریاد لە سێ قۆڵەوە پەلاماری هێزەکانی عیراقی دا بەر لەوەی بگەنە زینوی فریاد و تەفروتونای کرد. هێزەکانی عیراق چاوەڕێی هیچ هێرشێکیان نەدەکردو نەشیاندەزانی دۆڵەکە هێزی پێشمەرگەی لێیە، بۆیە پێشبینیی هیچ ڕوداوێکی کتوپڕیان نەدەکرد. هێزەکانی عیراق لاشەی ١٢ کوژراویان لە مەیدانی شەڕ بەجێ هێشت لە ناویاندا لاشەی یەک ئەفسەر، سەربای بەجێ هێشتنی ٢ ئارپیجیو یەك ڕەشاشی ئاربیکەی و چوار کلاشنکۆف و سێ ئوتومبیلی سەربازی و بڕێکی زۆری فیشەك.

هێزەکەی عیراق هەر کە هێرشە کتوپڕو چاوەڕواننەکراوەکەی کرایە سەر، ئەو بۆچونەی لە لا پەیدا بوو کە ناوچەکە هێزێکی گەورەی پێشمەرگەی لێیە، بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕەکەدا ترسی گەمارۆدانو لە ناوچونی لێ نیشت و زۆر بەشپرزەیی و بەخێرایی کشایەوە دواوەو بەرەو جۆبلاخ و شەقامی دوکان- سلێمانی پاشەکشەی کرد.

شەڕەکە بە فەرماندەیی عوسمان کەریم سوارە ناسراو بە عوسمان سێدەری بەڕێوە چووە. پێشمەرگەکانی تر کە لە شەڕەکەدا بەشدار بون ئەمانەن: غەریب عەسکەری، شەوکەت کانی مێوی، هەژار ئەحمەد ڕەسول، هاوڕێ نوری، فەریق هەڵەدنی، ئەبوبەکر محەمەد ئیسماعیل ناسراو بە هێدی، محەمەد ئەمین سەلیم ناسراو بە محەمەد گەناوی، ئەنوەر یاخسەمەری، بەکر گەورەدێ یی و عەبدوڵڵا حەسەن گەناوی.

هەرچەند شەڕەکەی زینوی فریاد بە بەراورد لەگەڵ شەڕەکەی ئەزمڕ بە شەڕێکی گەورە دانانرێ، بەڵام ئەگەر هێزەکەی زینوی سپی سنورێکی بۆ پێشڕەویی هێزەکانی عیراق دانەنایە، هێزەکانی عیراق دۆڵاودۆڵ دادەکشانو لە پشتەوە لە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان دەدا لە چیای ئەزمڕو ڕەنگە بەرگریی هێزی پێشمەرگەیان لە ئەزمڕ تێك بشکاندایە.

## زێوکە (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە ڕۆژی ٢ی نیسانی ١٩٧٨ هێرشی هێنایە سەر گوندی زێوکە لە ناوچەی قەلادزێ بە مەبەستی ڕاگواستنی خەڵکەکەو وێران کردنی گوندەکە. پاش شەڕێکی سێ سەعاتی، هێزەکەی سوپا کشایەوە.

لەم شەڕەدا ١٠ سەرباز کوژران کە لاشەی یەکێکیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ ماو بۆ ڕۆژی دواتر بۆ سەربازگەی گۆجاڕ نێردرایەوە. هەروەها حەوت سەربازیش بریندار بوون.

## ژاڵەی دەربەند (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ و هێزێکی بەربڵاوی جاش و سەرباز لە بناری چیای سەگرمە لە ١٩ی نیسانی ١٩٨٢. رۆژێك پێش شەڕەکە چەند مەفرەزەیەکی تیپەکە لەگوندی گۆمە زەرد یەکیان گرتەوەو پاشان لەوێوە بەرەو بناری چیای هەمەوەند کەوتنە رێ و دواتر لەگوندی ژاڵەی دەربەند لایاندا کە گوندێکە دەوروبەری ٢٠ کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەڵاتی چەمچەماڵەوە دوورەو کەوتۆتە بناری چیای سەگرمە.

پێش خۆرهەڵاتن و بەر لەوەی پێشمەرگەکان پشو بدەن، سوپای عیراق بە هەلیکۆپتەر هێزێکی زۆری جاش و سەربازی لەسەر چیای سەگرمە دابەزاند. بەیانییەکەش، هێزێکی گەورەی سوپا لە نزیك گوندی قولەی سەر رێگای گشتیی چەمچەماڵ- سەنگاو بەرەو دەربەندی باسەڕەو گوندی ژاڵەی دەربەند بەڕێ کەوت. شەڕ لە سەعات ١٠ی بەیانییەوە تا ٧ی ئێوارە درێژەی کێشاو دوژمن تێیدا تۆپ و هەلیکۆپتەری جەنگیی بەکار هێنا. بەشێکی شەڕەکە کەوتە ناو گوندەکەو خەڵکی گوندەکە رۆڵێکی دیاریان لە تێکشکاندنی هێرشەکاندا بینی. ئەو پێشمەرگانەی ئەم شەڕەیان کردووە ٢٤ پێشمەرگە بوون بە فەرماندەیی حەسەن حەمید ناسراو بە مام رۆستەم.

هێزەکانی سوپا لە کاتی پاشەکشەیان بەرەو چەمچەماڵ، لەسەر رێگای چەمچەماڵ- سەنگاو لە نزیك گوندی قەڵاچۆغە کەوتنە بۆسەی مەفرەزەیەکی تری پێشمەرگە کە مامە ریشە سەرپەرشتیی دەکردو خۆی بۆ کاتی کشانەوەی هێزەکانی سوپا لە بۆسە نابوو.

هێزەکانی دوژمن لە هەردوو شوێن زیانیان لێ کەوت کە بریتی بوو لە کوژرانی ١ ئەفسەرو ٢٠ سەربازو ١٢ جاش، برینداربوونی ١٥ جاش و ژمارەیەك سەرباز، پێکرانی ٢ هەلیکۆپتەر، تێکشکانی ٢ کامیون. هێزی پێشمەرگە بێ زیان بوو.

دوای شەڕەکە، سوپا دەستی بە تۆپ باران کردنی گوندەکە کردو لە ئەنجامدا هاووڵاتییەك شەهید بوو، چەند خانوویەکیش وێران بوون.

ئەم شەڕە بە یەکەم شەڕی ناو گوند دادەندرێ چونکە تا ئەو کاتە هێزی پێشمەرگە خۆی لەوە لادەدا کە لە ناو گوند شەڕ بکات. مەحمود سەنگاوی لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی شەڕی ژاڵەی دەربەند «یەکەم شەڕی ناو دێیە... کە خۆی لە خۆیدا ئاڵوگۆڕێکی گرنگی لە شێوەی شەڕدا هێنایە ئاراوە» و بەوە پشتیوانی لە تێڕوانینەکەی خۆی دەکا کە لە شەڕی ناو دێدا «دوژمن بەئاسانی ناوێرێ بێتە پێشەوە» و گوند بۆ بەرگری کردن و خۆپاراستن لە هەلیکۆپتەرو هێزی پیادەو زرێپۆش «شوێنێکی قایمە» و

لەم هەڵسەنگاندنەدا زۆرتر پشت بە فاکتەرە تۆبۆگرافییەکان دەبەستیٚ، بەتایبەتی لەگەرمیان، کە ناوچەیەکی بیٚ دارستانی چڕو دۆڵی قوڵ و شیوە و زۆربەی دەشت و دەرو تەختاییە. بەڵام لە بەرامبەردا خۆی لەوە لانادا کە ئاماژە بەلایەنە خراپەکانی ئەم شیٚوە شەڕە بکا کە زۆر جار زیان بەگوندو دانیشتوانەکەی دەگەیەنیٚ.

خاڵیٚك کە نابیٚ لە هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە شەڕەدا نادیدە بگیریٚت، ئەوەیە کەشەڕی ناو گوند مەرجی بەرنامەڕیٚژی و بڕیاری پیٚشوەختی تیٚدا نیە، بەڵکو هەموو جار هەلومەرج ئەو شەڕەی بەسەر پیٚشمەرگەدا سەپاندووە بە جۆریٚك کە تیٚیدا پیٚشمەرگە هیچ دەرەتانیٚکی دیکەی جگە لە دەرەتانی روبەڕوبونەوەو بەرهەڵستی نەبوە.

ناوی هەندیٚ لە بەشداربووانی شەڕەکە: حەسەن حەمید، جەعفەر شیٚخ مستەفا بەرزنجی، حەمە رەشید کەرکوکی، فەخرەددین ئاوە بۆرکەیی.

## ژاڵەی دەربەند (شەڕ)

شەڕیٚکە لە نیٚوان مەفرەزەیەکی کەرتی ٤ی جەباریی هەریٚمی ٥ی قەرەداغ و هیٚزیٚکی گەورەی سوپای عیراق لە نزیك گوندی ژاڵەی دەربەندی بناری چیای سەگرمە لە٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٠. مەفرەزەکە قارەمانیٚتییەکی زۆری نواندو شەڕیٚکی دەستەویەخەی کرد. شەڕەکە شەهیدبونی سیٚ پیٚشمەرگەی بە ناوی محەمەد فاتیح فەتاح رەحمان ناسراو بە محەمەد چەمچەماڵیو عەلی رەحیم حەمە عەزیز ناسراو بە مامۆستا عەلیو دلیٚر شیٚخ بابا رەسول محەمەد بەرزنجیی ناسراو بە شیٚخ دلیٚر لیٚ کەوتەوە. یەکەمیان لە پیٚشمەرگایەتیدا جیٚگری فەرماندەی کەرتی ٤ی جەباری بوو، ئەوی تر فەرماندەی مەفرەزەی هەمان کەرت بوو. زیانی دوژمن نەزانراوە.

ژیاننامەی شەهیدەکان:

*محەمەد فاتیح فەتاح رەحمان: لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی چەمچەماڵ. خویٚندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە چەمچەماڵ تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٣ بۆتە پیٚشمەرگە. پاش هەرەس هیٚنانی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٧٧دا بۆتە فەرمانبەر لە دادگای چەمچەماڵ و هەر لەو ماوەیەشدا پەیوەندیی بە ڕیٚکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٩ لە سنوری هەریٚمی ٥ی قەرەداغ بۆتە پیٚشمەرگەو لە سۆنگەی ئازایەتییەوە لە ماوەیەکی کەمدا کراوە بە جیٚگری فەرماندەی کەرتی ٤ی جەباری.

*عەلی رەحیم حەمە عەزیز: لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی گوندی جیٚشانەی نزیك شاری سلیٚمانی. خویٚندنی سەرەتایی لە سلیٚمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕیٚکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو هەمان ساڵ بۆتە پیٚشمەرگەی هەریٚمی ٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٧٧ لە شەڕیٚکی دەستەویەخەدا لەگوندی برایم ئاوای قەرەداغ بە سەختی بریندار بووە. ساڵی ١٩٨٠ بەهۆی ئازایەتییەوە کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی ٤ی جەباری.

*دلیٚر شیٚخ بابا رەسول محەمەد بەرزنجی: لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی شاری بەغدا. خویٚندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە بەغداو ساڵی ١٩٧٧ خویٚندنی لە کۆلیجی کارگیٚڕی و ئابوریی زانکۆی موستەنسریە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ لە بەغدا پەیوەندیی بە ڕیٚکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پیٚشمەرگەی کەرتی ٤ی جەباریی هەریٚمی ٥ی قەرەداغ.

## ژیانەوە (رۆژنامە)




رۆژنامەی یەکێتیی ژنانی کوردستان. ئامانجی سەرەکیی ئەم رۆژنامەیە پێشخستنی بزاڤی ژنانە لە رێی پەرەپێدانی هۆشیاریو فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی ناساندنی مافەکانی ژنانەوە. یەکەم مانشێتی رۆژنامەکە لە ژێر سەردێڕی «لەپێناوی خولقاندنی کەسایەتییەکی هۆشمەند لە کۆمەڵگاداو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بیری نوێو یەکسانیخواز» بە چڕوپڕی گوزارشتی لە ئامانجەکانی رۆژنامەکە کردووە.

یەکەم ژمارە لەدوتوێی ٨ لاپەڕە لە١٩ی حوزەیرانی ١٩٩٧ لە سلێمانی دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازی شەمام شەوقی بووەو سەرنوسەرەکەی هاوژین مەنمی.

ئەم رۆژنامەیە دوو خولی بەخۆیەوە دیوە. لە خولی یەکەمدا ٨٥ ژمارەی لێ دەرچووەو ماوەکەی کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠١. لە ژمارە بەراییەکانی ئەم خولەدا سەنتەری راگەیاندنی یەکێتیی ژنانی کوردستان رۆژنامەکەی وەك «رۆژنامەیەکی رۆشنبیری» دوو هەفتە جارێك دەرکردووە.

لە ژمارە ٦ دا کە لە٦ی ئەیلولی ١٩٩٧دا دەرچووە، روناك فەرەج رەحیم بۆتە جێگری سەرنوسەر.

لە ژمارە ٨ بەدواوە گۆڕانێك بەسەر گوتاری رۆژنامەکەدا هاتووە، ئەویش بەوەی کەرۆژنامەکە ناوی یەکێتیی ژنانی لەسەر نەماوە و بۆتە «رۆژنامەیەکی روناکبیریی سەربەخۆ»و بە هەمان ستافی پێشوو «سەنتەری راگەیاندنی ژنانی کوردستان»دەری کردووە. ئەمەش زادەی گفتوگۆیەکی گەرمو گوڕ بوو لە ناو یەکێتیی ژنان کە بەشێکی ئەندامەکانی لەو بڕوایەدا بون کە سەنتەری سەربەخۆ دەتوانێ باشتر پەرە بە پەیوەندییەکانی بداو کاری بەبڕشتتر پێشکەش بە ژنان بکا.

لە ژمارە ٢١ بەدواوە کە لە ١٩ی تەموزی ١٩٩٨دەرچووە، روناك رەئوف سەعید جێی شەمام شەوقیی گرتۆتەوەو بۆتە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە.

لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٠دا پەیوەندیی نێوان یەکێتیی ژنان و سەنتەری راگەیاندنی ژنان بەجۆرێك رێکخرایەوە کە هەماهەنگیی هەردولای کاراتر کرد. ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر رۆژنامەکە هەبوو. بۆیە لە ژمارە ٦٢ بەدواوە کە لە ١٩ی نیسانی ٢٠٠٠ دەرچووە، رۆژنامەکە وا خۆی ناسیوە کە «رۆژنامەیەکی روناکبیریی سەربەخۆیە سەنتەری راگەیاندنی یەکێتیی ژنانی کوردستان دەری دەکات». بەڵام لە ژمارە ٧٥ بەدواوە، دیسان رۆژنامەکە لەپێناسەدا ناوی یەکێتیی ژنانی لابردو وەك رۆژنامەیەکی روناکبیریی

سەربەخۆ کە سەنتەری راگەیاندنی ژنان دەری دەکات خۆی ناساند.

لە٥ی شوباتی ٢٠٠١ سەنتەری راگەیاندنی ژنان لە لایەن وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتیو هاوکارییەوە مۆڵەتی فەرمیی وەك «رێكخراوێكی ناحكومی» پێ درا.

لە نیسانی ٢٠٠١ ژمارە ٨٥ی رۆژنامەکە کە دوایین ژمارەی خولی یەکەمە، دەرچوو. دوا بەدوای ئەمە، رۆژنامەکە بۆ ماوەی نزیکەی هەشت مانگ لەکار کەوتو هیچ ژمارەیەکی لێ دەرنەچوو.

خولی دووەمی رۆژنامەکە ساڵی ٢٠٠٢ دەست پێدەکا، کاتێك بەژمارە ٨٦ کە یەکەم ژمارەی خولی دووەمە دەستی بەدەرچون کردەوە. لە سەروتاری ئەو ژمارەیەدا ئاماژە بۆ دەستپێکردنی خولی دووەم کراوەو تێیدا هاتووە کە ژیانەوە «رۆژنامەی مەرکەزیی یەکێتیی ژنانی کوردستانە. یەکەم ژمارەی لە١٩ی حوزەیرانی ١٩٩٧ کەوتە بەر دیدی خوێنەرانی. هەرچەند بۆ ماوەیەکی کاتی دابڕا، ئەوا جارێکی تر بەگوڕو تینێکی نوێوە دێتەوە خزمەتتان». لەم خولەدا یەکێتیی ژنانی کوردستان خاوەنی ئیمتیازەو پەیمان عیززەددین سەرنوسەرە. لە ژمارە بەراییەکانی ئەم خولەدا رەنگ لە لاپەڕە١و ٨دا بەکار هاتووەو ئەمەش قەشەنگییەکی زۆری بەرۆژنامەکە داوە. بە شێوەیەکی گشتی، بابەتەکانی ئەم خولە چڕوپڕترو سەنگینترن. رۆژنامەکە وا خۆی ناسیوە کە«رۆژنامەیەکی روناکبیریی گشتییە یەکێتیی ژنانی کوردستان دەری دەکات». لە سەرەتای ئەم خولەدا رۆژنامەکە دوو هەفتە جارێك دەرچووە.

لە ژمارە بەراییەکانی خولی دووەمدا، رۆژنامەکە لە ژمارە ٨٨ بەدواوە کە لە یەکی شوباتی ٢٠٠٢ دەرچووە، دوو پاشکۆی دوو لاپەڕەیی مانگانەی دەرکردووە، یەکێکیان بە زمانی عەرەبییەو ئەوی تر بە زمانی ئینگلیزی، لە ژمارە ١٥٠ دا کە لە٥ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٤ دەرچووە، رۆژنامەکە هەنگاوێکی گرنگی بۆ پێشەوە هەڵهێنا، کاتێك بووە هەفتەنامەو وەك «هەفتەنامەیەکی روناکبیریی گشتی»و دواتر وەك «هەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتیو روناکبیری» خۆی ناسی.

لە ژمارە ١٩٦دا کە لە٢١ی ئابی ٢٠٠٥ دەرچووە، یەکەم دەستەی نوسەران لە سەیران عەبدوڵلا، عەتا حەمە سالح، راوێژ عوبێد، ئالان عەلی، چنور محەمەد، کاوان ئەبوبەکر، شیرین تاهیر و عەبدولخالق ئیبراهیم بۆ رۆژنامەکە دانرا. ئەم دەستەی نوسەرانە بەردەوام لەگۆڕاندا بووەو بەپێی پێویست ژمارەی ئەندامەکانی زیادو کەمی کردوە.کارکردن بە سیستمی بڵاوکردنەوەی ناوی ئەندامانی دەستەی نوسەران تا ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام بوو. لە ژمارە ٣٨٨ بەدواوە کە لە٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩دەرچووە، ناوی ئەندامانی دەستەی نوسەران لەسەر رۆژنامەکە نەماوە.

لە تەموزی ٢٠٠٥دا لە سەروبەندی بڵاوکردنەوەی پرۆژەی دەستوری عیراق، «ژیانەوە» هەڵمەتێکی چڕی دژی هەندێ لە کەموکوڕییەکانی پرۆژەی دەستورەکە بەڕێوە برد، داوای چەسپاندنی مافەکانی ژنانی لە دەستوردا کرد، چەندین بابەتی لەسەر ناتەواویی پرۆژەکە بڵاو کردەوەو بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە پرۆژەکە لە ئاستی هیوا و ئاواتی ژناندا نیە. لە ژمارە ١٩٨دا رۆژنامەکە دەقی یاداشتی یەکێتیی ژنانی کوردستانی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق لەم بارەیەوە بڵاو کردەوە لە ژمارە ١٩٩ بەدواوە کە لە١١ی ئەیلولی ٢٠٠٥ دەرچووە، پاشکۆیەکی بە ناوی «دەستور» دەرکرد کە بەتایبەت بۆ تانە گرتن لە کەموکوڕییەکانی پرۆژەی دەستورو کەمتەرخەمیی لە بواری ناساندنی مافەکانی ژنان، تەرخان کرد.

شەش ژمارە لەم پاشکۆیە دەرچووە.


لە ژمارە ٣٤١ دا ناوی پەیمان عیززەددین وەك سەرنوسەر لەسەر تایتڵی رۆژنامەکە نەماوەو لێرە بە دواوە رۆژنامەکە بەبێ سەرنوسەر چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە. لە ژمارە ٣٤٣ دا کە لە٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ دەرچووە، رۆژنامەکە پاشکۆیەکی هەمەڕەنگی بە ناوی «گوڵجاڕ» دەرکردووە کە ڕەونەقێکی زۆری بەرۆژنامەکە داوە. یەکەم ستافی پاشکۆکە لە عەتا حەمە سالح، میدیا عەبدوڵڵا، چراخان هەژار، بەناز جەلال و کەتایۆن محەمەد پێك هاتبوو. دواتر، لە ساڵی ٢٠١٠ دا، لە ژمارە ٨٩ی پاشکۆکەدا کە لە ٢٩ی ئابدا دەرچووە، میدیا عەبدوڵڵا کراوەتە سەرپەرشتیاری پاشکۆکە، لە ساڵی ٢٠١٢، لە ژمارە ١٧١ی پاشکۆکە بەدواوە کە لە١٠ی حوزەیراندا دەرچووە، یوسف عەبدوڵڵا بۆتە سەرپەرشتیاری پاشکۆکە.

لە ژمارە ٣٤٦ دا رۆژنامەکە پاشکۆیەکی چوار لاپەڕەیی بە ناوی «نا»دەرکردووە کە تایبەت بووە بە هەفتەی بەرەنگاربونەوەی توندتیژیی دژی ژنان.

لە ژمارە ٣٤٧ کە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥دا دەرچووە، سەیوان رۆستەم ئەفراسیاب بۆتە سێیەم سەرنوسەری رۆژنامەکە.

## ژیانی رێکخراوەییمان (پەخشنامە)

بڵاوکراوەی ناوخۆیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. پاش کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٢ دەست بە دەرکردنی کراوەو تا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بووە. ناوەندی کۆمەڵە لە کاتی پێویستدا دەری کردووەو بابەتەکانی تایبەت بون بە مەسەلە هەنوکەییەکان و تێیدا بە شێوەیەکی راشکاوتر گوزارشت لە هەڵوێستی سیاسی کراوە.



ژیانی ریکخراوەیی‌مان
لە لایەن ناوەندەوە دەرئەکرێ
تایبەتە بۆ ئەندامان
ز : ١٢
کوتایی کانونی دوەمی ١٩٨٣
١٩٧

...حیل و تەعریب و تەبعیس :
٢ ترکن لە ویژدانی گەلەکەماندا
ئەبێ ئەمساڵ پلان بۆ دەرهێنانیان دابنێن

بەعس وەکو جوڵانەوەیەکی نەتەوەپەرستخوی بە خاوەنی بیر و ...
...وەرێکی گشتلایەنە( شمولی ) دائەنێ ، ئاوات و ئارەزووەکانی باڵی ...
...تەوەپەرستی بەرچاو تەنگ و توندڕەوی بورجوازی عەرەب دەرئەبڕێ .
بەعس بۆ سازدان و کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری خوی کەڵك لە دوا...
...تنی عەرەب و شکست و زنجیرکەوتنەکانی وەرئەگرێ بۆ خنوکەدانی...
...ستی نەتەوایەتی وگڕ کردنی دەماری رەگەزبازی تێیدا .
بەعس لای وایە کە پەیامێکی نەمریی ( رسالە خالدە ) ی هەیە بۆ ...
...قایەتی چونکە لە روی بیروهۆشەوە عەرەب لە میللەتانی تر زیرەکترە ،
...شارستانیەتی‌دا کۆنترە ، هەر ٣ دینە ئاسمانیەکە لە خاکی ئەوانەوە
...کەوتوە و لە دنیادا بڵاو بۆتەوە ، زانستەکانی دنیا هەر لە فیزیا و
...ینیا و پزیشکیەوە تاسەر فرۆکە و مانگی دەسکرد و کۆمپیوتەر لە

هەر ژمارەیەکی بڵاوکراوەکە بۆ رونکردنەوەی هەڵوێستی کۆمەڵە بەرامبەر بە مەسەلەیەکی دیاریکراو تەرخان کرابوو. بە شێوەیەکی گشتی، بابەتەکان بایەخی خۆیان هەبوو و هەندێ جار نهێنیی گرنگیان تێدا بوو، بۆیە زۆر جەخت دەکرایە سەر ئەوەی کە دزە نەکات و نەیارەکان لە دژی کۆمەڵە بەکاری نەهێنن. لەو بابەتانەی کە بڵاوکراوەکە تاوتوێی کردووە، شێوەکانی رێکخستنی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە، شێوەی کارکردنی پێشمەرگەی ناوشارو شێوازی بەڕێوەبردنی جەنگی نهێنی لە ناو شارەکان، کاروباری رێکخستن، پەیوەندی لەگەڵ بەرەی جود، بەرپەرچدانەوەی دیاردەی لیبرالیزم لە ناو رێکخستن و بەهێزکردنی دیسپلین، کێشە ناوخۆییەکان، رۆڵی ئافرەت لە ناو کۆمەڵە، مەسەلەکانی تایبەت بە شەڕی ناوخۆ، هەندێ بواری تایبەت بە راگواستن و بەعەرەب کردن.

بابەتەکان نەوشیروان مستەفا و فەرەیدون عەبدولقادر نوسیویانە. لە دەرکردنی بڵاوکراوەکەدا بایەخ بەوە دراوە کە کۆپیی بڵاوکراوەکە نەچێتە دەرەوەی رێکخستنەکان، بۆیە هەر کۆپییەك

ژمارەیەکی دیاریکراوی لەسەر دادەنرا. هەروەها ئەو ئاستەی ڕێکخستنی لەسەر دیاری دەکرا کە بۆی هەبوو ئاگاداری ناوەڕۆکی بابەتەکان بێ. هەندێ کۆپی لە سەری نوسراوە تایبەت بە ئەندامانەو هەندێکی تر بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکە بازنەکەی فراوان کراوەو لەسەری نوسراوە «تەنها بۆ ڕێکخراوو کەرت و پۆلەکان و ئەندامانی ناو دەزگا گرنگەکانی شۆڕش». ئەو بابەتانەش کە ئاستی نهێنییان نزم بووەو ترس لە دزەکردنیان نەبووە، بازنەی بڵاوکردنەوەی فراوانتر کراوەو لەسەر کۆپییەکانی نوسراوە «پاش خوێندنەوەو لێدوان، تەنیا ئەندامانی کەرت و ڕێکخراو بۆیان هەیە لەلای خۆیان گلی بدەنەوە». بەڵام ئەو ژمارانەی کە بابەتی هەستیاریان تێدا بڵاو کراوەتەوە، ژمارەیەکی زۆر کەمیان لێ چاپ کراوە و لەسەریان نوسراوە «لە دوای خوێندنەوە پێویستە لە بەردەمی لیژنەی کەرت بسوتێنرێ». پیادەکردنی ڕێسای توندوتۆڵ بۆ پاراستنی نهێنیی بابەتەکان، کارێکی وای کرد بڵاوکردنەوەکە هیچ دانەی لێ دزە نەکاتە دەرەوەی ڕێکخستن یاخود زۆر کەمی لێ دزە بکات.

بیری زاڵ ئەوەیە کە لەو بڵاوکراوەیە ١٨ ژمارە دەرچووە، بەڵام بەشێکی ژمارەکانی ونن لەوانە ژمارەی یەکەم کە لە ماوەی نێوان ئاب و کانونی یەکەمی ١٩٨٢ دا دەرچووە. دوایین ژمارە کە ژمارە ١٨ یە لە کۆتایی نیسانی ١٩٨٥ دەرچووە. بڵاوکراوەکە بە قەبارەی جیاواز دەرچووە، هەندێکی بە قەبارەی فولسکاب دەرچووەو هەندێکی دیکەی بە قەبارەی بچوکتر. ژمارەی لاپەڕەکانی هەر ژمارەیەك، بەپێی پێویستیی بابەتەکە لاپەڕەی دراوەتێ و بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی لاپەڕەکان کەوتۆتە نێوان ٦ تا ٢٢ لاپەڕە. لە دیزایندا گوێ نەدراوەتەوە جوانکاری.




هەرچەند لە ساڵی ١٩٨٥ دا بڵاوکراوەکە ڕاگیرا، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لە بەردەم دەرکردنی ڕێنمایی و ڕونکردنەوەی نهێنی بە هەمان ئەو شێوەیەی کە «بڵاوکراوەی ناوخۆ» و «ژیانی ڕێکخراوەییمان»ی پێ دەرکراوە. جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە بڵاوکراوە ناوخۆییەکانی پاش «ژیانی ڕێکخراوەییمان» بەبێ ناو دەرچون و هیچ ڕیزبەندییەکیان بۆ دانەنراوە، لەوانە ئەو بڵاوکراوە نهێنییانەی کە لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی «ئاڵای شۆڕش» دەرکراون و تێیدا بەدواداچون و شرۆڤە بۆ قەیرانەکە کراوەو ڕێنمایی لەم بارەیەوە بۆ کادیرەکان دەرکراوە.

ساڵی ٢٠١٩ نەوزاد عەلی ئەحمەد کتێبێکی دیکۆمێنتاری دەربارەی بڵاوکراوەی «ژیانی ڕێکخراوەییمان» دەرکرد کە ١٢ ژمارەی بڵاوکراوەکەی گرتۆتە خۆ لەوانە شەش ژمارەی

ساڵی ١٩٨٢، چوار ژمارەی ساڵی ١٩٨٣ و دوو ژمارەی ساڵی ١٩٨٥. کتێبەکە لە دوتوێی ١٩٠ لاپەڕەی قەبارە مامناوەنجدا لە چاپخانەی کارۆ لە سلێمانی چاپ کراوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*بڵاوکراوەی ناوخۆ.

## ژیلوان (ڕۆژنامە)

ڕۆژنامەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ویژەییو هونەرییە. ئەنجومەنی گوندی هەڵەدن لە دۆڵی جافەتی دەری کردووە.

ئەگەرچی ڕۆژنامەکە بە ناوی ئەنجومەنی گوندی هەڵەدنەوە دەرچووە، بەڵام ئەوانەی ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەکەیان گرتۆتە ئەستۆ سێ کادیری پێشمەرگەن بە ناوی ئازاد خانەقینیو مەدحی مەندەلاویو ئەبوبەکر حسێن ئەحمەد ناسراو بە بەکری خەتات. پێداویستییە ماددییەکانی ڕۆژنامەکە لە لایەن ئەو گروپانەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و ئێرانەوە دابین کراوە کە لەو سەردەمەدا بارەگایان لە دۆڵی جافەتی بووە.

ڕۆژنامەکە بە ناوی چیای ژیلوانەوە ناو نراوە کە دەڕوانێتە سەر گوندی هەڵەدن. ئەم ڕۆژنامەیە ٨ی ژمارەی لێ دەرچووە کە هەر هەموی لە ساڵی ١٩٨٣ دەرچون. بابەتەکانی بەتایپی دەستی تایپ کراونو پاشان بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراون. هەموو ژمارەکان هەشت لاپەڕەن و لەسەر کاغەزی فولسکاب چاپ کراون.

دوایین ژمارەی ڕۆژنامەکە بابەتێکی لەسەر شێخەکانی گوندی سەرگەڵوو تێدا بوو کە بووە مایەی وروژاندنی شێخەکان. هەر بۆیە لە لای بەرپرسانی مەڵبەندی دوو شکاتیان لە ڕۆژنامەکە و هەڵسوڕێنەکانی کرد و ڕۆژنامەکەیان بە داخستن دا. ڕۆژنامەکە بایەخێکی زۆری بە نمایش کردن و مشتوماڵ کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنیان داوەو لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی قوڵ کردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی داوە. ژمارەیەك گەنجی گوندەکە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە محەمەد عەبدولقادر حاجی و جەمال محەمەد، هەروەها هەندێ مامۆستای شۆڕش کە لە خوێندنگەی هەڵەدن وانەیان وتۆتەوە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە عەبدولڕەحمان مەحمود و عوسمان شەدەڵەیی.

# س

## سابیر ڕەسول



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی سێ تیپ. ناوی تەواوی سابیر ڕەسول قادر حسێن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی گوندی پونگینە کە لەو سەردەمەدا سەر بە ناحیەی عەنکاوەی شاری هەولێر بووە. لە بنەماڵەیەکی جوتیاری هەژارە. ساڵی ١٩٥٧ خانەوادەکەی بۆ دابین کردنی بژێویەکی باشتر چۆتە شاری هەولێرو لەوێ ژیانێکی نوێی دەست پێ کردووە. ئەم کۆچکردنە لە لادێوە بۆ شار، ئەو چانسەی بۆ سابیر ڕەسول ڕەخساند کە بخرێتە بەر خوێندن. ساڵی ١٩٥٨ لە خوێندنگەیەکی گەڕەکی ئیسکان خوێندویەتی و ساڵی ١٩٦٤ خوێندنی قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە. بەڵام لەبەر هەژاری و نەداری، لەوە زیاتر خوێندنی پێ نەکراوە، بۆیە وازی لەخوێندن هێناوەو دواتریش بە گونجاوی زانیوە کە بچێ بۆ سەربازیی خۆبەخش. بەمجۆرە، لە سەربازیدا پلەکانی سەربازیی بڕیوەو گەیشتۆتە پلەی جێگری ئەفسەر.

لە کۆتایی ساڵانی شەستەکاندا یەکەم هەنگاوی بەرەو جیهانی سیاسەت ناو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. دەشێ ئەم پەیوەندی کردنەی بگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨ یان ١٩٦٩. بەڵام دەبوایە پەیوەندییەکە بە نهێنی بمێنێتەوە چونکە حزبی بەعس تەنگی بەو سەربازانە هەڵدەچنی کە سەر بە لایەنە سیاسییەکانی دیکە بون.

پاش بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، چالاکیی سیاسیی کوردانی ناو سوپای عیراق شێوەیەکی نیمچە ئاشکرای وەرگرت و لەم سۆنگەیەوە ڕێکخستنە کوردییەکان و ڕێکخستنەکانی سەر بە حزبی بەعس لێك ئاشکرا بوون. لێرە بە دواوە سەربازە کوردەکانی ناو سوپای عیراق کەوتنە ژێر فشارو تەنگ پێ هەڵچنین. لەو کاتەدا سابیر ڕەسول لە کەتیبەی پێنجەمی شاخاوی بوو. بە هۆی زیادبونی فشارەوە، خۆی و چەند هاوڕێیەکی ناچار بون ڕیزەکانی سوپا بەجێ بێڵن و پەیوەندیی بە خوێندنگەی تۆپخانەی شۆڕشەوە بکەن.

لە ساڵانی ١٩٧٤و ١٩٧٥دا وەك پێشمەرگە بەشدار بوو لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا. ساڵی ١٩٧٥ دوا بە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ هەولێر و بە فەرمانبەر لە چاپخانەی شارەوانی کاری کرد.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد و بە درێژایی چوار ساڵ وەك کادیرێکی کارای ڕێکخستن لە سنوری پارێزگای هەولێر کاری کرد. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، بەڵام پاش کەمتر لە دوو مانگ

تووشی کارەساتێکی گەورە بوو. لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠دا لە کاتێکدا کە هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لە ناوچەی پشدەرە رەقەوە بەرەو گوندی پیرانە رەش بەڕێ کەوتبوو، لەنزیك گوندی ماخۆبزنان هەلیکۆپتەرێك گەیشتە سەر هێزەکەو هێزەکەی دایە بەر موشەك، ٩ پێشمەرگەی شەهید کرد و ١٢ی تریش بریندار بون. یەکێ لە بریندارەکان سابیر رەسول بوو کە لەبەر سەختیی برینەکەی، بە خێرایی برایە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی و لەوێوە رەوانەی ئێران کرا و پاش ماوەیەك لە ئێرانەوە بۆ چارەسەر رەوانەی سوید کرا. لەم ڕووداوەدا چاوێکی لەدەستدا.

لە سوید چارەسەری پێویستی بۆ کراو برینەکانی سارێژ بونەوە بەڵام ژمارەیەك ساچمە کەوتبونە قوڵایی سەری و نەدەتوانرا بە نەشتەرگەری دەربهێنرێن، بۆیە دەستیان لێ نەدرا و هێڵدرانەوە. پاش دوو ساڵ مانەوە لە سوید، پاسپۆرتی سویدیی پێ درا. وەرگرتنی پاسپۆرتی سویدی، سەرەتای گەڕانەوەی بوو بۆ کوردستان.

هاوینی ساڵی ١٩٨٢ بە پاسپۆرتە سویدییەکە چوو بۆ تورکیا. لەوێوە بەپێی ئەو پلانەی کە دایناوبوو، چووە کوردستانی باکورو لەوێوە لە سنوری عیراق- تورکیا پەڕییەوە، ناوچەی بادینانی بڕی و خۆی گەیاندە سنوری مەڵبەندی سێ و هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی کەرتی ٤ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

ساڵی ١٩٨٣ کرایە فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٨٥ بۆ سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك گوێزرایەوەو فەرماندەیی ئەو تیپەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ. ساڵی ١٩٨٧ بووە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی سێ. پاش چڕبونەوەی جەنگی کیمیایی و بەڕێوەچونی شاڵاوەکانی ئەنفال و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور لە ساڵی ١٩٨٨، لە شاری سەقز لە ئێران گیرسایەوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار لە ناوچەکانی پشدەرە رەقە، دەربەندی گۆمەسپان و چەمی ڕێزان بریندار بووەو لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەشداریی کردووە لەوانە شەڕەکانی گۆپتەپەو سوسێ لە ساڵی ١٩٨٥و خەلەکان لەساڵی ١٩٨٦و ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی دابان- هەلاج (١٩٨٥)، قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧)، سەرباری چالاکییەکانی لە ناوچەی ساڵەیی کە بوونە مایەی هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی گرنگی پلانەکانی بەعەرەب کردن.

ساڵی ١٩٨٨ ساچمەکانی سەری پەرێشانیان کردو باری تەندروستییان تێکدا. بۆیە، لە ئێرانەوە بۆ چارەسەر گەڕایەوە بۆ سویدو تا پێنج ساڵ لەوێ مایەوە. ساڵی ١٩٩٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە قایمقامی شەقڵاوە. ساڵی دواتر ساچمەکانی سەری دیسان تەنگیان پێ هەڵچنی و ناچاریان کرد بگەڕێتەوە بۆ سوید. لەو ماوەیەدا تا ساڵی ١٩٩٦ لە ژێر چاودێریی پزیشکدا بوو. لە ٨ی ئابی ١٩٩٦دا لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی سوید کۆچی دوایی کرد، دواتر تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کوردستان و لە گوندی پونگینە بە خاك سپێردرا.

## سابیر کۆکەیی



پێشمەرگەی دێرینو فەرماندە. ناوی تەواوی سابیر ئەحمەد محەمەد عەبدوڵڵا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی پیرکەی ناوچەی دۆڵەڕوت. ساڵی ١٩٦١ بۆ کارو دابین کردنی

گوزەرانێکی باشتر، خێزانەکەی گوندی پیرکەی بەجێ هێشتووەو لەگوندی کۆکەی سنوری سورداش نیشتەجێ بووە. خوێندنی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٦٨دا لەگوندی چەرمەگا و کرژە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٣ لە ڕێگەی حسێن مەولود ئەحمەدەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٧٦ کراوە بە ئەندام. پاش پەیوەندی کردنی ڕێکخەرەکەی بە هێزی پێشمەرگەوە لە ساڵی ١٩٧٧، پەیوەندیی کۆکەیی بە ڕێکخستنەوە هەر بەردەوام بووە.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ حسێن مەولود ئەحمەد لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی ناوچەی ژیلوانی سنوری قەزای دوکان و عوسمان عەبدولڕەحمان عەسکەریی ناسراو بە دکتۆر مارف لەگوندی کرژەی سنوری سورداش لە لایەن هێزێکی سوپای عیراقەوە گەمارۆ دراون‌و پاش بەرگرییەکی سەخت هەردوکیان بە برینداری دەستگیر کران. هەگبەی حسێن مەولود ئەحمەد لیستێکی ناوی ئەندامانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی تێدا بوو، لەوانە ناوی کۆکەیی.

ڕۆژی دواتر هێزێکی سەربازی دای بەسەر گوندی کۆکەداو کۆکەیی بە قۆڵبەستکراوی لەگەڵ خۆیدا بۆ گرتوخانەی سەربازگەی سوسێ برد. لەوێوە برایە سلێمانی‌و لەوێدا لەگەڵ دەستگیرکراوەکانی تری لیستەکەدا خرانە ژێر ئەشکەنجەوە پاشان بۆ دەستەی لێکۆڵینەوەی کەرکوك ڕاپێچ کران.

سەرەڕای ئەشکەنجەو هەڕەشە، دانی بە تۆمەتەکاندا نەنا و هیچ نهێنییەکی نەدرکاند. لە حوزەیراندا بەشێکی دەستگیرکراوەکان بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، بەشێکیش بڕیاری زیندانی کردن. پێنج کەس کە ناویان لە لیستەکەدا بوو، لەوانە کۆکەیی، هیچیان لەسەر ساغ نەکرایەوەو ئازاد کران.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە هێزی پارێزگاریی بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی لە ناوزەنگ‌و توژەڵەو زەڵێ، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی ١٩٨٢ گوێزرایەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی دوو لەگوندی سەرگەڵوو. ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ سنوری تیپی ٢٣ی سورداش. ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی کەرتی ٤ی تیپەکە.

ساڵی ١٩٨٥ تیپەکە دوچاری تەنگژەیەکی گەورە بوو، کاتێك فەرماندەی تیپەکە حەسەن حەیدەر ناسراو بە هەڵۆ چەمچەماڵی‌و ژمارەیەکی زۆری دەستەو دایەرەکەی، خۆیان ڕادەستی ڕژێمی عیراق کردەوە. لەو قۆناغە ناسکەدا کۆکەیی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بوژاندنەوەی تیپەکەدا گێڕاوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چوار جار بە سەختی بریندار بووە. جاری یەکەم لە شەڕی زەڕایەن لە ساڵی ١٩٨٥، جاری دووەم لە شەڕی گولیجە لە هەمان ساڵ بەفیشەکی بیکەیسی، جاری سێیەم لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦ لە قوتەی حەسەن بەگ بەگوللەی دەبابە و جاری چوارەم لەگوندی موغاغ لە ساڵی ١٩٨٧. یەکێ لە گەورەترین ئەو شەڕانەی کە ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا گێڕاوە، شەڕی گەورە دێی ناوچەی ئاغجەلەرە لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوی چوارەمی ئەنفالدا.

بە درێژایی زیاتر لەدوو مانگ پاش بەڕێوەچونی شاڵاوی چوارەمی ئەنفال، لەگەڵ شەست پێشمەرگەدا بە شێوەی پارتیزانی لە چەمی ڕەزان و چەمی کەڵەشێرەو چیای پیرەمەگرون مایەوە.

لە پایزی ١٩٨٨دا بە هێزەکەیەوە پەڕییەوە بۆ سنوری مەڵبەندی سێ‌و لەوێوە چووە قەندیل و پاشان خۆی گەیاندە قاسمە ڕەش کە لەو کاتەدا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو.

ئەو ماوەیەی لەگەڕەکی بەردبڕانی شاری سەقز بەسەر بردو هەروەها لە تەوریزیش خەریکی چارەسەرکردنی برینەکانی بوو. بەڵام هەر لەو ماوەیەشدا توشی هەندێ تەنگ پێ هەڵچنین بوو لە لایەن دەزگای ئیتیلاعاتی ئێرانەوەو بە هۆی ئەمەوە لە ساڵی ١٩٩٠دا بە خاوو خێزانەوە بە قاچاخ چووە تورکیاو لەوێوە چووە یۆنانو لەوێ بەپەنابەر وەرگیرا.

لە یۆنان لە دەستپێشخەرییەکی کەم وێنەدا کەوتە کۆکردنەوەی ئەندامە پەراگەندەکانی یەکێتیی نیشتمانیو دروست کردنی ڕێکخستن لە ناویانداو لە هەمان کاتیشدا کەوتە دروست کردنی رایەڵەیەکی فراوانی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە فەرمیو سیاسییەکانی یۆناندا. ساڵی ١٩٩٣ لە کۆنفرەنسێکدا لە ئەسینا بە ئامادەبونی دکتۆر بەرهەم ساڵح، بە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی یۆنان هەڵبژێردرا. بە هەوڵو تەقەللای ئەو، دوو جار پارتی سۆسیالیستی یۆنان (پاسۆگ) بە سەرۆکایەتیی ئەندریاس پاپاندریۆ لە ساڵانی ١٩٩٤و ١٩٩٦ کارتی داوەتنامەی ئاراستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو تاڵەبانی کردووە بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی حزبەکەدا.

ساڵی ١٩٩٨ لە هەندێ ململانێی ناوخۆییدا تێوەگلا. بۆیە یۆنانی بەجێ هێشت و لە بریتانیا گیرسایەوە، لەوێ بە زمانێکی توند نوسینی رەخنەگرانەی لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوکردەوە کە بونە مایەی بێبەش کردنی لە پلە حزبییەکانی. ساڵی ٢٠٠٨ کێشە و دڵشکاوییەکەی چارەسەر کرا و لەسەر داوای تاڵەبانی گەڕایەوە بۆ کوردستانو لێپرساوەتیی لیژنەی کۆمەڵایەتی دوکان- پیرەمەگرونی سەر بە مەکتەبی کۆمەڵایەتی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی عەمید خانەنشین کرا.

## ساتی (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق و جاشەکان لە ٣٠ی ئابی ساڵی ١٩٨٦ لەگوندی ساتی لە ناوچەی شوان. هێزێکی گەورە کە پێکهاتبوو لەفەوجێك کۆماندۆو چەند هەزار جاشێك، بە پاڵپشتی ٤ تانك و زرێپۆش و دوو کاتیۆشا و ٤ تۆپی ١٠٦ملم بە فەرماندەیی فەرماندەی لیوای چەمچەماڵ، لەقەرەهەنجیرەوە هێرشی کردە سەر گوندی گورگەیی و لەوێوە رووی کردە گوندی ساتی.

پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ی تیپی ٢١ی کەرکوك بە فەرماندەیی شاهۆ کەرکوکی لەو کاتەدا لە ناو گوندی ساتی بوون. بەر لەوەی هێزەکەی دوژمن بگاتە گوندەکە، بەشێکی کەرتەکە لە نزیك پردی سەر ڕێگای ساتی بۆسەی دانا. دە ئۆتۆمبێلی پڕ جاش کەوتنە بۆسەکەوە. پێشمەرگەکان لێیاندان و شەڕ بەگەرمی دەستی پێکرد. جاشەکان کوژراوو بریندارێکی زۆریان کەوت و زۆری نەبرد کشانەوە بەرەو گورگەیی، یەك ئۆتۆمبێلیان بە سوتاوی و ٦ی تریش لە مەیدانی شەڕ لێ بەجێما.

پاش کشانەوەی جاشەکان، ٣ هەلیکۆپتەری جەنگی دەستیان بەبۆردومان کردنی پێشمەرگە کردو لە هەمان کاتدا هێزەکانی سوپا بەکاتیۆشا و هاوەن کەوتنە تۆپباران کردنی شوێنی پێشمەرگەکان. دوا بەدوای تۆپباران، هێزەکانی کۆماندۆو جاش دەستیان بە هێرش کردن بۆ سەر گوندەکە کرد.

لەو کاتەدا مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی شوانی سەر بە هەمان تیپ بەسەرپەرشتی عەلی شوانی بۆ هاوکاری کردنی پێشمەرگەکانی کەرتی ٣، لە گوندی گۆڕانەوە خۆی گەیاندە گوندی ساتی. ژمارەی پێشمەرگە لە ناو گوندەکە گەیشتە

نزیکەی ٦٠ پێشمەرگە. یەکەم هێرشی کۆماندۆ بۆ سەر گوندەکە، زۆر توند بەرپەرچ درایەوەو دوژمن ژمارەیەکی زۆر کوژراوی لێ کەوت. لە هەمان کاتدا هێزێکی تری دوژمن لە نێوان گوندی ساتی و گۆران دزەی کرد بەو مەبەستەی کە لە قۆڵێکی ترەوە پەلاماری پێشمەرگەکان بدات، بەڵام پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی شوان بەرپەرچیان دانەوەو زۆریان لێ کوشتن. لە سەعات ١٢وە تا ١٤ هەموو هێرشەکانی دوژمن تێك شکێنران. دوای سەعات ١٤ هێزەکانی سوپای عیراق دەستیان بە پاشەکشە کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا بە هەلیکۆپتەرو کاتیۆشا و هاوەن دەست بە بۆردومان کردنی گوندەکە کرا.

دوژمن زیانێکی زۆری لێ کەوت کە بە ٧٠ کوژراوو ژمارەیەکی زۆری بریندار مەزەندە دەکرێ، سەرباری تێکشکانی ١٠ ئۆتۆمبێل. هێزی پێشمەرگە ٦ شەهیدی هەبوو کە ئەمانەن: جەمال ئەنوەر عەبدولعەزیز جێگری فەرماندەی کەرتی ٢ی شوان، عەلی شوانی فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی ٢ی شوان، پشکۆو تاریق گۆگچەیی لە کەرتی ٢ی شوان، سمایل مەجید و بەختیار چیمەنی لە کەرتی ٣ی شەهیدانی چیمەن.

ساتی: گوندێکی ناوچەی شوانە، کەوتۆتە سەر چەمی خاسەو سەر بە ناحیەی قەرەهەنجیرە لە پارێزگای کەرکوك، نزیکەی ٦ کیلۆمەتر لە باکووری قەرەهەنجیرەوەو نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر لە باکوری رۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە دوورە. رێگایەکی قیرتاوکراو بەقەرەهەنجیری دەبەستێتەوە. گوندی گورگەیی لە ڕۆژهەڵاتییەوەیە، گوندی هەیبە کەوتۆتە ڕۆژئاوایەوە، گوندی گۆران لە باکورییەوە و گوندی حلیفەی شێخ حەسەن لە باشوورییەوە.

## سادر (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە چیای سادر لە ناوچەی مەنگوڕایەتی لە ساڵی ١٩٨٨. لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی جاشەکان لە چیای چەکوچەوە لە نیوەشەوی ٢٣ی ئابی ١٩٨٨ دا چەند هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر هێزی پێشمەرگە لە چیای سادر. تیپی ٦٣ی جوتیاران بەرپەرچی هێرشەکانی دایەوەو تێکی شکاندن.

هێزەکانی عیراق زیانێکی زۆریان لێ کەوت. دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە یەك ئاربیجی، یەك کلاشنکۆف، دەزگایەکی بێسیمی جۆری پی ئار سی، چەند گوللەیەکی ئاربیجیو هاوەن، پێنج ماسکی دژە گازی کیمیایی، ١٠ نارنجۆك و ٤٠ خودەی سەربازی بوو. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانی نەبوو.

## سادر (شەڕ)

زنجیرە شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق، لە ئەیلول و تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ لە چیای سادرو دەوروبەری لە ناوچەی مەنگوڕایەتی. لە قۆناغی یەکەمی شەڕەکەدا هێزێکی بەربڵاوی سەرباز و جاش، بە پاڵپشتی تۆپخانەو کاتیۆشا و تانك و هاوەن، لە رۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩٨٩ چەند هێرشێکی یەك لە دوای یەکی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە چیای سادر لە ناوچەی مەنگوڕایەتی. هێزی پێشمەرگەی تیپەکانی ٨٣ی هەورێو ١٢ی سۆران و چەند مەفرەزەیەکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەرپەرچی هێرشەکانیان دایەوەو هەموویان

تێکشکاند. هێزە پەلاماردەرەکان زیانێکی بەرچاویان بەر کەوت و هیچ ئامانجێکیان بەدەست نەهێنا.

دوای کشانەوەی هێزە پەلاماردەرەکان، هێزەکانی عێراق زۆر بە خەستی کەوتنە تۆپبارانکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە. لە ١٨ی ئەیلولدا، سەعات ١٩,٣٠ هێزەکانی عێراق هەوڵێکی تریان بۆ داگیرکردنی چیای سادر دا و پاش شەڕێکی سەخت بە شکاوی گەڕانەوە. شەوی ٢١/٢٠ی ئەیلول هێزێکی هاوبەش، پێکهاتوو لە تیپی ٧٣ی قەندیلو لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە نزیك گوندی ئالیە ڕەشی ناوچەی مەنگوڕایەتی مینێکیان چاند. سەعات ١٠,٣٠ی ڕۆژی دواتر مینەکە لە ژێر پێی جاشێکدا تەقییەوەو بووە هۆی کوژرانی. بە درێژایی ئەو ماوەیە دۆخی شەڕ بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بوو، لە٣ی تشرینی یەکەمدا قۆناغی دووەمی هێرشەکان بۆ سەر چیاکانی سادر و چەکوچ دەستی پێکرد، هێزەکانی بەرەی کوردستانی بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو زیانێکی زۆریان لە هێزە پەلاماردەرەکان دا.

شەوی ٣١/٣٠ی تشرینی یەکەم هێرشێکی دیکەی بەربڵاوی هێزەکانی عێراق دەستی پێکرد. سەرەتا بەرەی سادر- چەکوچ تۆپباران و موشەکباران کرا و پاشان هێرشی زەمینی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستی پێکرد. تیپەکانی ١٧ی زمناکۆ، ٥١ی گەرمیان، ٥٥ی قەرەداغو هێزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو تێکیان شکاند. سەعات ٤ پاش تۆپبارانکردنی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە بە خەستی، هێرشێکی تر کرایە سەر هێزی پێشمەرگە، ئەم هێرشەش هیچ ئامانجێکی بەدەست نەهێناو تێکشکا. شەڕ بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ درێژەی هەبوو. سەعات ٣,٣٠ی ڕۆژی ٢ی تشرینی دووەم، هێزەکانی عێراق لە سێ قۆڵەوە هێرشێکی بەربڵاویان کرد. لە قۆڵی یەکەمدا هێزەکانی عێراق لەگۆڕی چەکوچەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی تیپەکانی ٥٦ی گەلاڵە و ٥٥ی قەرەداغ و ٥٣ی شێروانە و پارتی کۆمۆنیستی عێراق. لە قۆڵی دووەمـەوە لەگۆڕی سامکییەوە هێرش کرایە سەر چیای سادر، کە مەفرەزەیەکی تیپی ٥٣ی شێروانەی لێبوو. لە قۆڵی سێیەمدا هێزەکانی عێراق لە ئالیە ڕەشەوە هێرشیان کردە سەر کەڵکی سپیی سادر، کە سەنگەرەکانی پێشمەرگەی تیپی ١٥ی شارەزووری لێبوو. هێزی پێشمەرگە لە هەموو قۆڵەکانەوە هێرشەکانی تێکشکاند. سەعات ٢١ی ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەم، هێزەکانی عێراق لەیەك کاتدا لە دوو قۆڵەوە هێرشیان کرد، لە قۆڵی یەکەمەوە لە ئالیە ڕەش و گۆڕی سامکییەوە بەرەو چیای سادرو لە قۆڵی دووەمدا لە گۆڕی چەکوچەوە بەرەو چیای چەکوچ، هێزی پێشمەرگەی تیپەکانی ٥٣ی شێروانە، ١٥ی شارەزوور، ٥٥ی قەرەداغ و هێزێکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق رووبەڕووی هێرشەکانی دوژمن بوونەوە و هەموویان تێکشکاند، لەم سەروبەندەشدا تۆپخانەی مەڵبەندی دوو و سێ سەنگەرەکانی دوژمنی بە بەردەوامی دەکوتا. شەڕەکە بە هەردوو قۆناغەکەیەوە نزیکەی دوو مانگی خایاند و هێزەکانی عێراق هیچ ئامانجێکیان لە شەڕەکاندا نەهێنایە دی. بەرەی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات بەیاننامەیەکی سەبارەت بە شەڕەکان و ئەنجامی پێکدادانەکان بڵاوکردەوە. بەیاننامەکە سەرلەنوێ سەرنجی جیهانی بە لای دۆخی شەڕی کوردستاندا ڕاکێشا، چونکە ڕژێمی عێراق بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق-ئێران لە ساڵی ١٩٨٨، دۆخی شەڕ لە کوردستاندا کۆتایی هاتووەو هێزی پێشمەرگە چیتر توانای ئەنجامدانی هیچ چالاکییەکی لە دژی هێزەکانی عێراق نەماوە. ڕژێمی عێراق پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەڕە

سەختەکانی سادر، لە ڕاگەیەندراوێکدا لە دەرەوەی وڵات، بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی عێراق لەو ماوەیەدا هیچ هێرشێکیان ئەنجام نەداوە و شەڕیان لە دژی هێزی پێشمەرگە نەکردووە، بەڵکو تەنها مانۆڕێکی سەربازییان ئەنجامداوە.

شەڕی سادر کە بە پچڕ پچڕی نزیکەی دوو مانگی خایاند، گەورەترین شەڕی هێزی پێشمەرگەیە لە قۆناغی پاش شاڵاوی ئەنفالەکان.

## سادر- چەکوچ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی جاشەکان لە چیاکانی سادرو چەکوچ لە ناوچەی مەنگوڕایەتی لە ساڵی ١٩٩٠.

لە کانونی یەکەمی ١٩٩٠دا هێزێکی جاش بە نیازی غافڵگیرکردنی هێزی پێشمەرگە لە بنکەکانی چیاکانی سادر و چەکوچ، دزەی کردە ناوچەکە. بە گەیشتنی زانیاری سەبارەت بە دزەکردنی هێزەکەو شوێنەکانی جێگیربونی، هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەی تیپەکانی ٧٤ی باڵەکو ١٢ی سۆرانو ١٩ی کۆڕەکو دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، سەعات ٨,٢٠ی ڕۆژی ٢٧ی کانونی یەکەم هێرشێکی کتوپڕو پڕتاوی کردە سەر هێزەکەی دوژمنو دایە بەر ڕێژنەی چەکەکانی. هێرشە کتوپڕەکە زیانی ماددیو گیانیی لە دوژمن دا. ژمارەیەك لاشە لە مەیدانی شەڕ بەجێمان.

بۆ دابین کردنی دەرفەت بۆ بردنەوەی لاشەی کوژراوەکان، هێزەکانی سوپا کەوتنە تۆپباران کردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە. هێزی پێشمەرگە هەم لە هێرشەکەیدا و هەم لە تۆپبارانەکەدا هیچ زیانێکی نەبوو.

## سالار عومەر نوری



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ی سلێمانی. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لە ناو ڕێکخستنەکاندا ڕۆڵێکی دیاری لە پەخشکردنی بڵاوکراوە سیاسییە نهێنییەکاندا هەبووە. هەر ئەو ساڵە لە بەغدا لە کۆلیجی ئابوریی زانکۆی موستەنسەریە وەرگیرا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ دا دەزگا ئەمنییەکانی عیراق هەندێ لە شانە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە زانکۆی موستەنسریە ئاشکرا کرد، بۆیە دەستوبردی لێ کرد و بە پەلە گەڕایەوە بۆ سلێمانی. لە ئازاری ئەو ساڵەدا، لەگەڵ بەرپابونی ڕاپەڕیندا، تێکەڵ بە شانە چەکدارەکان بوو و بەشداریی لە ڕزگارکردنی سلێمانی و دەوروبەریدا کرد.

هەر ئەو ساڵە، لە کۆلیجی ژمێریاریی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر درێژەی بە خوێندن دا و ساڵی ١٩٩٣ بڕوانامەی بە کالۆریۆسی بەدەست هێنا. هەمان ساڵ بە نوسەری ژمێریار لە ئیدارەی لەشکرەکان دامەزراو ساڵی دواتر پلەی بۆ خەزنەدار بەرز کرایەوە. ساڵی ١٩٩٥ بووە ژمێریار لە ئیدارەی پڕۆژەکان لە سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٦ لە ڕوداوەکانی ٣١ی ئابدا کە کوردستانیان هەژاند، ئاوارەی ئێران بوو و لە قاسمە ڕەش گیرسایەوە. پاش ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی

تۆڵە کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و بووە وردبین لە ئیدارەی گشتیی دارایی.

ساڵی ١٩٩٨ بووە ژمێریار لە مەکتەبی دارایی و لە روی رێکخراوەییەوە، بە هەڵبژاردن، پلەی ئەندامی کۆمیتەی مەکتەبەکانی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠١ بەشداریی لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. ساڵی ٢٠٠٢ بووە ئەندامی مەکتەبی دارایی و هەر ئەو ساڵە بووە بەرپرسی بەشی ژمێریاری لە مەکتەبی دارایی.

ساڵی ٢٠١٠ بەشداریی لە کۆنگرەی سێیەمدا کرد. ساڵی ٢٠١٢ دەستی بە خوێندنی باڵا کرد لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی ماستەری لە بواری بەڕێوەبردنی بازرگانیدا بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمدا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا. لە ٢٥ی نیسانی ٢٠٢٠ دا لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردەکانی مەکتەبی ئیدارە و داراییی گشتیدا، بە لێپرسراوی بۆردی خەرجییە گشتییەکان هەڵبژێردرا.

## سالار عەزیز



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی نەجمەددین عەزیز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٩ی گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی. خوێندنی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٧١ کۆتا ساڵی قۆناغی ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردووە. هەر ئەو ساڵە لە کۆلیجی یاسای زانکۆی موستەنسریە وەرگیراوە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦١ دەست پێ کردووە، کاتێك پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٦٤ بۆتە بەرپرسی شانەیەکی رێکخستن. هەر ئەو ساڵە، پاش لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد.

لەو قۆناغەی ژیانیدا زۆرتر لە رێکخستنی خوێندکاریدا کاری کردووەو لەم سەروبەندەدا لە ساڵی ١٩٦٧ دا بووەتە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و بەرپرسی لقی سلێمانیی یەکێتیی قوتابیان.

ساڵی ١٩٧٠ بەشدار بوو لەو جموجوڵە گەرم و گوڕەی کە لە کۆتاییدا دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانی لێ کەوتەوە. ساڵی ١٩٧٤ دوا بە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی ئاگربڕو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق، لە کاتێکدا کە لە ساڵی دووەمی زانکۆدا بوو، وازی لە خوێندن هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد.

پاش راگەیاندنی رێککەوتننامەی جەزایر لە ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عیراق و ئێران و بڵاوبونەوەی واتەواتی کۆتایی هێنان بە شۆڕش و پەنا بردن بۆ ئێران، پشتگیریی پڕۆژەی درێژەپێدانی شۆڕشی کردو رای وابوو کە بەزینی سەرکردایەتیی شۆڕش دەرفەتێکە بۆ راستکردنەوەی رێڕەوی پرۆسەی شۆڕش، بەڵام رەوتی رووداوەکان یارمەتیی جێبەجێ کردنی ئەو

بیرۆکەیەی نەدا. هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ سلێمانی، لە لایەك بەردەوام بوو لەسەر کاری ڕێکخراوەیی و لە لایەکی ترەوە گەڕایەوە سەر خوێندنەکەی لە زانکۆی موستەنسریە.

هەر لەو ماوەیەدا شاڵاوێکی دەزگا ئەمنییەکان دژی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی، بەغدا، هەولێر، کەرکوك و خانەقین دەستی پێ کرد کە شیرازەی ڕێکخستنەکانی لێك پچڕاند و بووە هۆی دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و کادیران. سەختیی شاڵاوەکە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ناچار کرد بیر لە خۆ دەربازکردن بکاتەوە بۆ دەرەوەی وڵات. لەو بارودۆخە دژوارەدا سەرکردایەتی پلانێکی بۆ پەنا بردنە بەر ئێران، وەك هەنگاوێك بۆ چونە لای تاڵەبانی لە سوریا، دانا. ڕوداوەکان نیشانیان دا کە پلانەکە هەر لە سەرەتاوە بێ سەروبەر بووەو باش نەچنراوە، بەمجۆرە، سەرکردایەتیی کۆمەڵە ئەندام و کادیرەکانی بە لێقەوماوی و بێ دەرەتانی بەجێ هێشت.

لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا سالار عەزیز یارمەتیی شاسوار جەلالی دا لە هەوڵەکانیدا بۆ فریاکەوتنی کۆمەڵەو گرێدانەوەی ڕێکخستنە لێکترازاوەکان. لە ئەنجامی ئەم هەوڵەدا سەرکردایەتییەکی دیفاکتۆ لە چوارچێوەی کۆمیتەی هەرێمەکاندا بە ڕابەرایەتیی شاسوار جەلال و ئەندامەتیی سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی و عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر پێك هات کە سەرلەنوێ کۆمەڵەی ڕێکخستەوەو هەماهەنگیی لەگەڵ تاڵەبانی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کرد بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا. لە چوارچێوەی کۆمیتەی هەرێمەکاندا، چوار هەرێمی ڕێکخراوەیی لە سلێمانی، کەرکوك، هەولێرو بەغدا-خانەقین پێك هێنران و لەم سەروبەندەدا لێپرسراوەتیی هەرێمی سلێمانی بە سالار عەزیز سپێردرا.

لە هاوینی ١٩٧٦ دا ڕۆڵێکی گرنگی لە پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا لە سنوری سلێمانی و گەرمیاندا گێڕا. خۆیشی لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداریی لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا کردو لەم سەروبەندەدا بەشدار بوو لە دابین کردنی یەکەم بارەگای پارێزراو لە تەنگەی مادێنای حەسەن بەگ لە سەروی گوندی هەڵەدن لە دۆڵی جافەتی بۆ میدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەر لە دۆڵی جافەتیش، وەك نوێنەری کۆمەڵە هەماهەنگیی لەگەڵ عەلی عەسکەری وەك نوێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیست کرد بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار.

ساڵی ١٩٧٧ پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ کوردستان، لە برادۆست بەشداریی لە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. بەپێی بڕیارەکانی کۆبونەوەکە، یەکەم مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی، وەك گرنگترین دەزگای دروست کردنی بڕیار، لە سکرتێری گشتی و دوو نوێنەری کۆمەڵەو دوو نوێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیست پێك هات. سالار عەزیز یەکێ لە دوو نوێنەرەکەی کۆمەڵە بوو. پاش کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکە، لە برادۆستەوە بە ئیشوکاری ڕێکخراوەیی چوو بۆ سوریاو لەوێوە بۆ ئەوروپا.

لە ئازاری ١٩٧٨ دا بەشداریی لە کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەدا نەکرد لە نۆکان چونکە لە دەرەوەی وڵات بوو، بەڵام بە ئەندامی یەکەم سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی کۆمەڵە هەڵبژێردرا. هەمان ساڵ، فریای دووەم کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە کەوت و بەشداریی تێدا کرد. لەو کۆبونەوەیەش بە ئەندامی سەرکردایەتی

هەڵبژێردرایەوە.

ماوەی ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩ ماوەی ململانێیەکی شاراوە بوو لە نێوان سکرتێری کۆمەڵە و گرووپی کۆمیتەی هەرێمەکان. لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە، پاش دەرچوونی ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵە لە زیندان، ململانێکە دژوارتر بوو.

ساڵی ١٩٨١ کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەران بەسترا. بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی، بڕیار درا هەڵبژاردن بە دوو قۆناغ بکرێ، لە قۆناغی یەکەمدا کاندیدەکانی سەرکردایەتی بە زۆرینەی رەها هەڵببژێردرێن و لە قۆناغی دووەمدا پشت بە زۆرینەی سادە دەبەسترێ. ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەمجۆرە بوو کە تەنها چوار کاندید زۆرینەی رەهایان بەدەست هێنا کە ئەمانە بون: نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر کەمال خۆشناو و مەلا بەختیار. ئەمەش کێشەی لێ کەوتەوەو بووە هۆی ئەوەی کە قۆناغی دووەمی هەڵبژاردن بەڕێوە نەچێ. پاش کۆنفرەنس، هیچ لێپرسراوەتییەکی وەرنەگرت و دەستی لە ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کێشایەوە.

سالار عەزیز لەسەر زۆر مەسەلە رای جیاوازی لە رای تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا هەبوو و پێی وابوو دەکرێ یەکێتیی نیشتمانی و کۆمەڵەی رەنجدەران بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوە بچن. ساڵی ١٩٨٢ لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەربارەی پێویستیی پارتی پێشڕەوو رۆڵی لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا، نامیلکەیەکی بە ناونیشانی «چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان» بڵاوکردەوە، تێیدا رەخنەی لە دیدو تێڕوانینەکانی دوتوێی نامیلکەی «پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان» ی فەرەیدون عەبدولقادر گرت و راو بۆچونەکانی خۆی دەربارەی تیۆریی پارتی پێشڕەو دەربڕی. هەر ئەو ساڵە لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەدا خۆی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی کاندید نەکرد.

ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی ئاگربڕو وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، کوردستانی بەجێ هێشت و لە رێی بەغداوە چووە ئەورووپاو لە سوید گیرسایەوە. بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ هەڤاڵەکانی، ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی هەرێمەکان، نەپچڕا. ساڵی ١٩٨٥ بەشدار بوو لە دامەزراندنی رێکخراوی «ئاڵای شۆڕش».

ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ کوردستان. ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندیی بە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە لەسەر لیستی یەکگرتوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٩٣ پشتیوانیی لە پڕۆژەی یەکگرتنەوەی حزبی زەحمەتکێشان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە ناو حزب کۆدەنگی لەسەر ئەم پرسە نەبوو، لەگەڵ هەر یەك لە مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد و ئەبوبەکر خۆشناو فراکسیۆنێکی لە ناو حزبی زەحمەتکێشان بە ناوی «پەیڕەوی یەکگرتن» دروست کرد. لە تەموزی ئەو ساڵەدا فراکسیۆنەکە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکی گرتەوەو لەم سەروبەندەدا سالار عەزیز بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و جێگری لێپرساوی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٤ کرایە پارێزگاری سلێمانی. ساڵی ١٩٩٧ بووە وەزیری کشتوکاڵ لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠١ بە پلەی وەزیر خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

هێنا، بەشدار بوو لە دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان و لە ناو بزوتنەوەکەدا بووە ئەندامی جڤاتی نیشتمانی. لە ٢٥ ی نیسانی ٢٠١٤ دا وازی لە بزوتنەوەی گۆڕان هێناو لە راگەیەندراوێکدا لەم بارەیەوە رونی کردەوە کە هۆی وازهێنانی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە متمانەی بە سەرکردایەتیی بزوتنەوەکەوە نەماوە.

## سالاریە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێرشێکی بەربڵاوی سوپای عیراق کە چەند هەلیکۆپتەرێکی جەنگی پشتیوانیی لێ دەکرد لە گوندی سالاریە لە ناوچەی سیدەکان لە ١١ی ئایاری ١٩٧٨. ئەو هێزەی پێشمەرگە کە تووشی شەڕەکە بوو، بەشی دووەمی ئەو هێزە بوو کە عەلی عەسکەری سەرکردایەتیی دەکردو ژمارەی پێشمەرگەکانی نزیکەی ٥٠٠ پێشمەرگە دەبوو، لە کۆتایی ئایاری ١٩٧٨ لە قەندیلەوە بە ناو خاکی ئێراندا بەرەو ناوچەی برادۆست بەڕێ کەوتبوو و بە مەبەستی یەکگرتنەوە لەگەڵ بەشی یەکەمی هێزەکە کە لە ١٩ی نیسان بۆ هەمان ناوچە بەڕێ کەوتبوو و گەیشتبووە ئەوێ.

هەر کە هێزەکە لەسنور پەڕییەوەو چووە ناو خاکی عیراق، هێزەکانی عیراق بەسود وەرگرتن لە شەکەتی و ماندوبوونی هێزەکە، هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەری بە مەبەستی لە ناوبردنی. لەم شەڕەدا سوپا ژمارەیەکی زۆر هەلیکۆپتەری جەنگیی بەکار هێنا. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا هێزەکانی سوپا ٤٥ سەربازیان لێ کوژراو چەند پارچە چەکێکیش کەوتە دەست پێشمەرگەوە. لە هێزی پێشمەرگەش ژمارەیەك پێشمەرگە شەهید بوون.

بابەتی پەیوەندیدار:

* هەکاری (ئۆپەراسیۆن).

## ساڵح ئەحمەد عەزیز*



فەرماندەی کەرت. ناسراو بە مام سالح سەید مورادی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی گوندی کوردەمیریی حاجی حسێنی ناحیەی پێباز. ساڵی ١٩٦٢ ماڵیان گواستۆتەوە بۆ گوڵەجۆی زەنگاباد و دوای ماوەیەك بنەماڵەکەی گوندی سەید مورادی لە ناوچەی قەرەتەپە ئاوەدان کردۆتەوەو تێیدا نیشتەجێ بووەو کشتوکاڵی تێدا کردووە.

لە ساڵانی شەستەکاندا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو لەگەرمیاندا وەك کەسایەتییەکی بڕواپێکراو تەماشا کراوە.

ساڵی ١٩٧٥ هەرەس هێنانی شۆڕشی زۆر پێ ناخۆش بوو. دوو ساڵ پاش ئەم روداوە، پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لەو قۆناغەدا ئەرکێکی زۆر سەختی گرتە ئەستۆ، ئەویش کڕینی چەك و تەقەمەنی بوو بۆ هێزی پێشمەرگە لەگوندە عەرەب نشینەکانی دەوروبەری قەرەتەپە. لە ڕاستیشدا لەم روەوە زۆر سەرکەوتوو بوو. بەڵام جموجوڵو هەڵسوڕانی لەم بوارەدا سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی راکێشا. لە ساڵی ١٩٧٩دا دەستگیر کرا و لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کفری ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر درا بەڵام هەر ئەو ساڵە بەر لێبوردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا.

بەردانی، رێگر نەبوو لە بەردەم ئەوەی کە دەزگا ئەمنییەکان بەردەوام بن لەسەر تەنگ پێ هەڵچنینی.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەکەرتی ٥ی دوزخورماتوی هەرێمی ٢ی کەرکوك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لەم ماوەیەدا رۆڵێکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا گێڕا.


ساڵی ١٩٨٣ کرایە فەرماندەی کەرتی ٥ی حەمرینی تیپی ٥١ی گەرمیان. لە٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤دا لە ڕەوتی بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی بەربڵاوی سوپای عیراق بۆ سەر شارۆچکەی کۆکس، شەهید کرا. دوای شەڕەکە، تەرمەکەی برایە گوندی سپیسەرو لەوێ بە خاك سپێردرا.

## ساڵح بێچار



شاعیرو نوسەرو رۆژنامەنوس. ناوی تەواوی ساڵح عەلی کەریم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٧ی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

ژیانی ئەدەبیی لە ساڵی ١٩٧٩دا بە نوسینی شیعر دەست پێکردووەو لە ساڵی ١٩٨٣دا یەکەم شیعری لەرۆژنامەی «هاوکاری» بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٨٥دا بە شێوەیەکی نهێنی پەیوەندیی لەگەڵ لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەرانی کوردستاندا دامەزراندو هۆنراوەی لەگۆڤاری «گزنگ»دا بڵاوکردەوە. هەر لەو ماوەیەشدا بەلای چیرۆکنوسیدا دایشکاند و لە ڕەوتی ئەم




کۆششانەدا لە ساڵی ١٩٨٦دا یەکەم چیرۆکی بە ناوی «نوێبونەوەی زامی دەرونێك» لە کۆڕێکدا لە هۆڵی سەندیکاکانی کرێکارانی سلێمانی خوێندەوە.

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لەسەر شوستەکانی شەقامی مەولەوی کاری کتێبفرۆشیی کردووە. لە ماوەی نێوان ١٩٩٢-١٩٩٦دا ئەندامی دەستەی کارگێڕیی کۆڕی رۆشنبیریی کوردی بوو لە سلێمانی. لە ساڵی ١٩٩٦دا بەشداریی لە کۆنگرەی دامەزراندنی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژدا کردو هەروەها لە ساڵی ١٩٩٨دا بەشدار بوو لە دامەزراندنی «یانەی چیرۆك»دا. لە ساڵی ٢٠٠٠ پرۆگرامێکی کارکردنی لە ناوەندی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی دەست پێ کرد کە تێیدا بووە ئەندامی دەستەی نوسەرانی

«هەفتەنامەی زانکۆ»و لێپرسراوی رادیۆی زانکۆو سەرنوسەری ماڵپەری ناوەندەکەو پاشان لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی کۆلیجی پەرستاری. هەر لەو ماوەیەشدا لە کەناڵی کوردسات کاری کردو لەوێدا لێپرسراوەتیی تیلیتێکستی لاتینیو سەرنوسەریی ماڵپەری دامەزراوەکەی گرتە ئەستۆ. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٣ دا بەهاوکاریی رێکخراوی هێڵپ ئەیجی بریتانی بەرنامەی «بەساڵاچووان»ی بۆ رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ئامادە کرد. لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بە هاوکاریی هەمان رێکخراو، نامیلکەیەکی بە ناونیشانی «ئەوان مرۆڤن بەر لەوەی بەساڵاچوو بن» دەربارەی رەوشی ژیان و گوزەرانی توێژی بەساڵاچووەکانی کوردستان بڵاوکردەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا کتێبێکی بە ناونیشانی «فریشتە سپییەکان» بە هاوکاریی کۆمەڵەی پەرستارانی کوردستان دەربارەی ژیان و خەم و گوزەرانی پەرستاران بڵاوکردەوە.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی دێرینی لەگەڵ لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەرانی سەردەمی پێشمەرگایەتی بەچاوی رێزو پێزانینەوە تەماشا کرا و لەم سەروبەندەدا بەرامبەر بە بەشداری کردنی لەدەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، بە شایستەی ئەوە زانرا کە خەڵاتی پێزانینی تاڵەبانیی پێ بدرێ.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا بەشداریی لە دامەزراندنی ناوەندی روناکبیریی شارباژێڕدا کرد. لە ساڵی ٢٠١٣دا لێپرسراوەتیی بەشی ئەرشیفی لەبنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەییو رۆژنامەوانیی کوردی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ٢٠١٤دا کۆمەڵەی شاخەوانیی سلێمانیی دامەزراند.

## ساڵح حەمەد ئەمین



پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوو. ناسراو بە ساڵح هەولێری. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی قەڵانچۆغانی ناوچەی بەڕانەتیی پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لەگوندەکەی خۆی تەواو کردووەو لە کۆتایی شەستەکاندا بۆ خوێندنی ناوەندی چۆتە هەولێرو لەوێ قۆناغی ناوەندیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردوەو لە ساڵی ١٩٧٤دا بووەتە پێشمەرگە لە هێزی باڵەك. ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بوو بەڵام دوای شەش مانگ گەڕایەوە بۆ عیراق.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٨ لە هەرێمی ١٢ی خۆشناوەتی بووە پێشمەرگەو هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٧٩ دوا بەدوای روخانی رژێمی شای ئێران، لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگە بە فەرماندەیی سەید سەلیم بۆ پێشکەش کردنی کۆمەکی لۆجستیکی بۆ کوردی ئێران، بۆ سنوری سەردەشت و مەهاباد نێردرا. ساڵی ١٩٨٠ بۆ قوەتی باڵەك و دواتر بۆ خۆشناوەتی گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٢ پاش پێکهێنانی تیپی ٧٤ی باڵەك، بۆ تیپەکە گوێزرایەوەو دواتر بۆ تیپی ٧٨ی کاروخ گوێزرایەوە. لە ساڵی ١٩٨٤دا کرایە جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و لە ساڵی ١٩٨٦دا لێپرسراوەتیی فەرماندەی کەرتی تیپی تۆپخانەی

مەڵبەندی ٣ی پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە دوای واژۆ کردنی پەیمانی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات لەتاران، بەشدار بوو لە پرۆسەی ئامادەکردنو ناردنی هێزەکان بۆ بادینان.

ساڵی ١٩٨٨ لە قۆناغی دوای شاڵاوی ئەنفالەکانو جەنگی کیمیاییدا، بۆ ماوەی شەش مانگ لێپرسراوەتیی مەفرەزەیەکی پارتیزانی لە سنوری ناوچەی خۆشناوەتیو دۆڵی رۆستێ گرتە ئەستۆ. ساڵی پاشتر بۆ جاری دووەم لێپرسراوەتیی مەفرەزەیەکی دیکەی پارتیزانیی لە سنوری خۆشناوەتیو رانیە گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٩١ لە رەوتی ئامادەکارییەکاندا بۆ راپەڕین، نێردرایە سنوری بەڕانەتی بۆ دروست کردنی هەماهەنگی لە نێوان هێزی پێشمەرگەو شانە چەکدارەکانی بروسك و رێکخستنی جەماوەر. پاش راپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی ١٠ی هەولێرو لە ساڵی ١٩٩٣دا لە سوپای یەکگرتوی کوردستاندا کرایە جێگری فەرماندەی فەوج.

هەر ئەو ساڵە وەك بەرپرسی هێز بۆ مەڵبەندی ٤ی بادینان نێردرا کە لەو کاتەدا حەسەن کوێستانی لێپرسراوی بوو. ساڵی ١٩٩٥ کرایە ئەندامی لەشکری بەڕانەتی.

ساڵی ٢٠٠٣ لەسەروبەندی هێرشی ئەمریکادا بۆ سەر عیراق، کرایە فەرماندەی تیپو بە هێزێکەوە لە دەوروبەری شاری کەرکوك جێگیر کرا. هەر ئەو ساڵە بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠٠٦ لێپرسراوەتیی لقی هەولێری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ٢٠١٠دا لە کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەکەدا بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵا هەڵبژێردرا و تا ساڵی ٢٠١٣ لێپرسراوەتیی پەیوەندییەکانی لە ئەستۆدا بوو.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چوار جار بریندار بووە، لە یەکێکیاندا بە چەکی کیمیایی. ساڵی ١٩٩٢ مەدالیای پارتیزانی، ساڵی ٢٠٠٦ مەدالیای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، ساڵی ٢٠١٢ مەدالیای رێزلێنانی مەکتەبی سیاسیو ساڵی ٢٠١٣ مەدالیای ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی پێ بەخشرا.


## ساڵح عوسمان خدر عوسمان



کادیرو ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧١ی شارۆچکەی چوارقوڕنە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە چوارقورنە تەواو کردووە.

پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٨٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك لەو ساڵەدا لە چوار قوڕنە پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٩٠ لە بەشی کوردیی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر وەرگیرا. ساڵی ١٩٩١ پێش هەڵایسانی راپەڕین، لەڕیزی شانە چەکدارەکانی بروسك رێك خرا و لە کاتی راپەڕیندا لە چوارچێوەی هەڵسوڕانی شانە چەکدارەکاندا هەموو ئەرکەکانی سەر شانی خۆی لە سنوری چوارقوڕنە جێبەجێ کردو بەشدار بوو لەپاککردنەوەی چوارقوڕنەو گرتنی سەربازگەی تیپی ١٢ی سوپای عیراق لەچوارقوڕنە.

هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان کە




لە شەقڵاوە بەسترا. پاش کۆنفرەنس بووە جێگری لێپرسراوی لقی زانکۆی سەلاحەددینی کۆمەڵەی خوێندکاران و لە هەمان کاتدا لە مەڵبەندی راپەڕین کرایە ئەندامی کۆمیتە. ساڵی دواتر بووە لێپرسراوی لقی راپەڕینی کۆمەڵەی خوێندکاران و ئەندامی سکرتاریەت. ساڵی ١٩٩٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆ سەلاحەددین بەدەست هێنا و ساڵی پاشتر بووە سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٦-١٩٩٧ بەشدار بوو لە خولی یەکی ئاسایش لە کۆلیجی پۆلیس لە قەڵاچوالان کە بە خولی شەهید جەمال عەلی باپیر ناسراوە. ساڵی ١٩٩٨ کادیری مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئازادی لاوانو لانەی منداڵانی کوردستان بوو.

ساڵ ١٩٩٩ دوای ئەوەی کە بەشی پاسپۆرت و مانەوە لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەر بە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم کرایەوە، کرایە بەڕێوەبەری هۆبەی پاسپۆرت و مانەوە. ساڵی ٢٠٠١ پاش ئەوەی کە هۆبەکە کرایە بەڕێوەبەرایەتی، ئەویش کرایە جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکە. ساڵی ٢٠٠٢ روی لە خوێندن کردو بووە خوێندکار لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانیو لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە بەغدا بڕوانامەی ماجستێری لە خولی ئەفسەرانی پێشکەوتوی کۆلیجی ئەرکانی عیراق بەدەست هێنا. هەمان ساڵ دوای ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتیی پاسپۆرتو مانەوە کرایە دوو بەڕێوەبەرایەتی، یەکێکیان بۆ پاسپۆرت و ئەوی تر بۆ نشینگە، لێپرسراوەتیی بەڕێوەبەرایەتیی پاسپۆرتی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٦ خۆیو مەحمود خۆشناو رۆڵێکی باڵایان لەو هەوڵانەدا گێڕا کەئامانجیان دانانی زمانی کوردی بوو لەسەر پاسپۆرتی عیراقی. ئەم هەوڵانە لە ساڵی ٢٠٠٩ بە سەرەنجامی خوازراو گەیشتن و زمانی کوردی لەسەر پاسپۆرتی عیراقی دانرا. بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە هەردوو ساڵی ٢٠١١و ٢٠١٢ لەسەر ئاستی هەرێم و عیراق بە باشترین بەڕێوەبەرایەتی دانراوە.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.


ساڵی ٢٠١٥ کرایە بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای سلێمانی.

چەند نوسینێکی لە بواری کێشە ئەمنییەکان و دیاردەی تیرۆردا هەیە، لەوانە کتێبێکی بە ناونیشانی «تیرۆری نێودەوڵەتی: سەرەتاو پەرەسەندن» کە تێیدا ستراکچەری مێژوویی تیرۆر و لێکەوتەو داهاتوی ئەم دیاردەیەی شی کردۆتەوەو وای بۆ چووە کە «ئەوەی ئێستا مرۆڤایەتی روبەڕوی بۆتەوە، کەوتۆتە سەرووی

هەموو پێشبینییەکانەوە. تیرۆر شپرزەیی و رارایی هێناوەتە کایەوە، لە هەموو کات و شوێنێکدا مرۆڤ دەخاتە نیگەرانییەوە. لەوانەیە ئەو مرۆڤەش بگرێتەوە کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتەوە نەبێت کە تیرۆریستان هەوڵی بۆ دەدەن... هەروەها بە هۆی تیرۆرەوە هەندێك لە دەوڵەتانیش کەوتونەتە دۆخێکی نەخوازراوەوە وەك عیراق، سوریا، یەمەن و چەندین وڵاتی دیکە».

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی راپەڕین، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## ساڵح مستەفا عوسمان*



پێشمەرگەی دێرین و جێگری فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین. ناسراو بە کارزان شەقڵاوەیی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی شارۆچکەی شەقڵاوەی بناری چیای سەفین و هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨١دا بەشی ئۆتۆمبیلی لە ئامادەیی پیشەسازیی هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە پۆلی شەهید محەمەد عەجەم رێك خراوە.

ساڵی ١٩٨٢ بووەتە پێشمەرگەو لە قوەتی خۆشناوەتی کە لەو کاتەدا تەحسین کاوانی فەرماندەی بووە، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردووە. پاش چەند مانگێك گوێزرایەوە بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەران لە ناوزەنگ و لە ساڵی ١٩٨٣دا گوێزرایەوە بۆ تیپی ٩١ی سەفین و کرایە جێگری فەرماندەی مەفرەزە. بەم جۆرە، پلەکانی پێشمەرگایەتیی لە جێگری فەرماندەی مەفرەزەوە دەست پێکرد. ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی مەفرەزەو پاشان لە ساڵی ١٩٨٥دا کرایە جێگری فەرماندەی کەرت.

ساڵی ١٩٨٦ لە شەڕێکدا لە دەوروبەری شارۆچکەی هیران بە سەختی بریندار بوو. ساڵی ١٩٨٧ کرایە فەرماندەی کەرتی دوی تیپی ٩١ی سەفین و لە ساڵی پاشتردا کرایە جێگری فەرماندەی هەمان تیپ. ساڵی ١٩٨٩ کرایە فەرماندەی تیپەکە. لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا رۆڵێکی دیاری لە جێبەجێ کردنی نەخشەی رزگارکردنی ناوچەی شەقڵاوەدا گێڕا و دواتریش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری کەرکوکدا و هەر لەو ئۆپەراسیۆنەشدا بۆ جاری دووەم لە تەمەنی پێشمەرگایەتییدا بە سەختی بریندار بوو.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی هێزی سەفین و ساڵی ١٩٩٣ پلەی موقەددەمی لە سوپای یەکگرتوی کوردستان پێ بەخشرا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی بێتواتە (١٩٨٣) و هەر چوار ئۆپەراسیۆنی گرتنی تەقتەق و هیران و دێگەڵە و داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧دا و ئۆپەراسیۆنی گرتنی سەری رەش لە ساڵی ١٩٨٨دا.

شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی، لە چیای هەیبەت سوڵتان شەهید کرا.

# ساڵح یوسفی*



سیاسەتمەداری دێرین. ناوی تەواوی ساڵح عەبدوڵڵا نەجمەددین. لەدایکبوی ساڵی ١٩١٨ی گوندی بامەڕنی لە پارێزگای دهۆك. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر شێخ یوسف و لەوەوە نازناوەکەی وەرگرتووە. شێخ یوسف لە پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی بووە لە زاخۆ، لە سەردەمی خۆیدا ناوبانگێکی ئاینیی گەورەی هەبوو.

خوێندنی دواناوەندیی لە ساڵی ١٩٣٨دا لە بەغدا تەواو کردووە. هەر ئەو ساڵە بە مامۆستا لە هەریر لە پارێزگای هەولێر دامەزراوە. زۆری نەبرد لە بەغدا لە کۆلیجی خانەی زانستەکان دەستی بە خوێندنی شەریعەتی ئیسلامی کرد. پاش تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٤٣، بە پلەی نوسەر لە دادگای موسل دامەزرا.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٣٩ دەست پێ دەکا، کاتێك بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی نهێنیی «بروسك» و دواتر بەسەرۆکی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا. بەڵام ئەم ڕێکخراوە نەیتوانی ببێ بەڕێکخراوێکی جەماوەری‌و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕەوشی سیاسی نەبوو. ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندیی بە حزبی هیواوە کرد کە ڕەفیق حیلمی ڕابەری بوو.

ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ ساڵح حەیدەریدا بەشدار بوو لە پێکهێنانی حزبی ڕزگاریی کورد. ساڵی ١٩٤٦ پشتگیریی لە هەوڵەکەی هەمزە عەبدوڵڵا کرد بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد. لە کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا لە بەغدا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٤٩، کاتێك وەك کارمەندی دادگا بۆ شنگال گوێزرایەوە، لەوێ لێپرسراوەتیی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی گرتە ئەستۆ. پاش روخانی رژێمی پاشایەتیی عیراق لە ساڵی ١٩٥٨، یەکێ لەو دە کەسە بوو کە داوای مۆڵەتی فەرمیی کارکردنی ئاشکرایان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە حکومەتی جەنرال عەبدولکەریم قاسم کرد. بەڵام گرژبونی پەیوەندیی نێوان بەغداو کورد، هەلومەرجێکی نالەباری لە وڵاتدا هێنایە کایەوە. لەو هەلومەرجەدا لە ساڵی ١٩٦١ لە موسل دەستگیر کراو تەنها لە ساڵی ١٩٦٢دا ئازاد کرا. لەو ماوەیەدا خەباتی چەکدار تازە لە کوردستان دەستی پێ کردبوو، بەڵام ئەو لەبری ئەوەی روو لە شاخ بکا، چوو بۆ بەغدا و لێپرسراوەتیی لقی پێنجی پارتیی گرتە ئەستۆو بە شێوەیەکی نهێنی لە بەغدا مایەوە.

پێش ئەوەی حزبی بەعس کودەتا لە دژی حکومەتی جەنرال قاسم ئەنجام بدا، لە بەغدا وتووێژی لەگەڵ حزبی بەعسدا کردو لەم رووەوە چاوی بەعەلی ساڵح سەعدی کەوت کە دوای هاتنە سەر کاری بەعسییەکان بووە جێگری سەرەك وەزیران و وەزیری ناوخۆ، لە٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، لە کاتێکدا کە هێشتا جەنرال عەبدولکەریم قاسم خۆی بەدەستەوە نەدابوو، بە ناوی پارتییەوە نامەی پشتگیریی ناردو نامەکە هەر ئەو رۆژە لە رادیۆی بەغدا خوێندرایەوە. دوا بەدوای سەرکەوتنی کودەتاکە، یەکێ لە ئەندامانی شاندی پارتی بوو بۆ وتووێژ لەگەڵ رژێمی تازە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد. لە مانگی نیساندا بەعسییەکان کۆتاییان بە وتووێژ هێنا و هەموو ئەو ئەندامانەی شاندەکەیان گرت کە بۆ وتووێژ لە بەغدا مابونەوە.

یوسفی تا حوزەیران بە دەستبەسەری لە بەغدا

مایەوە. لە حوزەیراندا لەگەڵ ئەندامانی تری شاندەکەدا ئازاد کرا و ڕێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی هێزەکانی عیراق بۆ سەر کوردستان، لە کەرکوك دەستگیر کرایەوە و برایەوە بۆ بەغدا، لەوێ رادەستی دەزگا ئەمنییەکان کرا و خرایە ژێر ئەشکەنجەوە. پاش روخانی یەکەم حکومەتی بەعسییەکان و ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عەبدولسەلام عارف لە ساڵی ١٩٦٤، لە ناوەڕاستی شوباتدا ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٦٤ پاش دروستبونی قەیران لە ناو سەرکردایەتیی پارتیدا، پشتگیریی باڵی سەرۆکی پارتیی کردو دژی باڵی مەکتەبی سیاسی وەستا. لە ماوەی سێ ساڵی ئاشتیی ١٩٦٦-١٩٦٩ی نێوان کوردو بەغدادا، لە بەغدا بووە یەکەم سەرنوسەری ڕۆژنامەی «تەئاخی» کە گوزارشتی لە ڕا و بۆچونی پارتی کردووە. پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو دووەم حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٦٩، بەغدای بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردەوە. دوا بەدوای سەرکەوتنی وتووێژی نێوان هەردولاو ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، کرایە وەزیری دەوڵەت لە حکومەتی عیراقو لە هەمان کاتدا لێپرسراوەتیی لقی پێنجی پارتیی لە بەغدا وەرگرت. لەو ماوەیەدا چالاکییەکی زۆری لە بواری ڕۆشنبیریدا لە ناو یەکێتیی نوسەرانی کوردو کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردیدا ئەنجام دا. لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان بەسترا، بۆ دوایین جار بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و پاشانیش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٧٤ ڕای وابوو کە دەبێ هەوڵی پێویست بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گونجاو لەگەڵ حکومەتی عیراق بدرێ و ڕێ لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ بگیرێ، بەڵام لە ناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆچونەکانی بە هەند وەرنەگیران. دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران لە ساڵی ١٩٧٥دا، پشتگیریی درێژەپێدانی شۆڕشی کردو دژی ئەوە بوو کە کۆتایی بە شۆڕش بهێنرێ بەڵام گوێی لێ نەگیرا. لەم سەروبەندەشدا کەوتە هەوڵدان بۆ دەستپێکردنەوەی وتوویژ لەگەڵ بەغدا و لەم ڕووەوە شاری نەغەدەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ عیراق، بەو ئومێدەی کە بگا بە ڕێککەوتنێك لەگەڵ ڕژێمی عیراق. بەڵام لە سەروبەندی هەرەس هێنانی شۆڕشدا، ڕژێمی عیراق ئامادەی هیچ ڕێککەوتنێك نەبو لەگەڵ کورددا، تەنانەت ئامادە نەبوو ڕێگا بە یوسفی بدا لە کوردستان نیشتەجێ بێ، بۆیە ناچاری کرد لە بەغدا لە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکاندا بمێنێتەوە.

پاش لابردنی چاودێریی ئەمنی لەسەری، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بە شێوەیەکی نهێنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی دامەزراند و لە ناو دەستەی دامەزرێنەردا ڕۆڵی ڕابەری لە ناو ڕێکخراوە تازەکەدا بینی. کاتێك مەسەلەی پەیوەندی کردنی بزوتنەوەی سۆسیالیست بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هاتە ئاراوە، ئەو دژی ئەم مەسەلەیە وەستایەوە و پێی باش بوو بزوتنەوەی سۆسیالیست سەربەخۆیی خۆی بپارێزێو نەبێتە باڵێکی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەڵام لەبەر سوربونی عەلی عەسکەرىو چەند ئەندامێکی تری سەرکردایەتی، بە نابەدڵی ڕەزامەندیی نیشاندا.

سەرەڕای ئەوەی کە لەو ساڵەدا خەباتی چەکدار لە کوردستان دەستی پێ کردەوە، ئەو هەر لە بەغدا مایەوە. ساڵی ١٩٧٩، کاتێك بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیابۆوە، پشتیوانیی لە جیابونەوەکە کرد و دواتریش

پشتیوانیی لە یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆسیالیست و کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و راگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کرد. ساڵی ١٩٨١ دوا بەدوای کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیست لەدۆڵەتوو، بە شێوەیەکی نهێنی بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرا. مانگ و نیوێك پاش هەڵبژاردنی بە سکرتێر، لە بەغدا لە ناو ماڵی خۆی بە نامەیەکی مینرێژکراو تیرۆر کرا.

پێدەچێ دەزگا ئەمنییەکانی عیراق زانیارییان سەبارەت بە هەڵبژاردنی بە سکرتێری حزبی سۆشیالیست پێ گەیشتبێ‌و لەم سۆنگەیەوە بڕیاری تیرۆرکردنیان دابێ. ئەگەرچی یوسفی پشتگیریی لە پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار کردوە بەڵام بە درێژایی ماوەی نێوان ١٩٧٥-١٩٨١ بەغدای بەجێ نەهێشتوە. پاش تیرۆرکردنی، تەرمەکەی برایە زاخۆو لەوێ بە خاك سپێردرا.

یوسفی لە رەفتار و هەڵسوکەوتدا میانڕەو و لە بیروباوەڕی سیاسیدا ریفۆرمیست بووە. یەکێک لە گەورەترین هەڵە سیاسییەکانی ئەوە بووە کە دودڵ بووە لە بەشداری کردن لە خەباتی چەکداردا و مانەوەی لە بەغدا لە بەشداریکردن لە خەباتی چەکدار پێ باشتر بوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

## ساڵەیی (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە بە فەرماندەیی مامە ریشە لە١٥ی تەموزی ساڵی ١٩٨٢ لە نزیك گوندی ساڵەیی لە ناوچەی جەباری. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکان بۆسەیان دانا. تانکەرێکی ئاوی سەر بە سوپای عیراق کەوتە بۆسەکەوە، درایە بەر گوللەو هەمو سەرنشینەکانی کوژران. زۆری نەخایاند دوو ئۆتومبیلی هینۆی پڕ چەکداری جەیش شەعبی کەوتنە هەمان بۆسەوە.

هێزێکی تری سەرباز و جاش بۆ شوێنی بۆسەکە نێردرا و شەڕ تا شەو درێژەی کێشا. دوژمن نزیکەی ١٥ سەرباز و چەکداری جەیش شەعبی‌و جاشی لە پێکدادانەکاندا لەدەستدا. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو، دەستکەوتەکانیش بریتی بون لە ١٠ ئاربیجی‌و رەشاشێکی ئاربیکەی‌و چەند کلاشنکۆفێك.

## سامان گەرمیانی



پێشمەرگەی دێرین‌و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی سامان تۆفیق محەمەد عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی کفری. خوێندنی سەرەتایی لە کفری تەواو کردووەو ناوەندیی لە بەغدا.

ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بۆتە پێشمەرگە لەبەتالیۆنی یەکی چۆمان. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بووەو چەند مانگێکی لەکامپی ئاوارەکانی سەراو نیلوفەر بەسەر بردووە. پاش هەڵوەشاندنەوەی کامپەکانی ئاوارەکان و پەرتەوازەکردنی

دانیشتوانەکانیان بەسەر شارەکانی ئێراندا، ڕەوانەی شاری تەوریز کرا لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات. لەوێ بەشدار بوو لە خولێکی فێرکاریی کارەبایی‌و دوای تەواوکردنی خولەکە، بە چاودێر لە کارگەیەکی خواردنەوە گازییەکان دامەزرا. لەو ماوەیەدا خرایە ژێر چاودێریی دەزگای ساواکەوە چونکە ساواك گومانی ئەوەی لێ دەکرد کە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی سەردانی شارەکانی تر دەکاو پەیوەندی لەگەڵ ئاوارە کوردەکانی دیکەدا دادەمەزرێنێ. لەو ماوەیەدا هەواڵی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێ گەیشتبوو و دەشیزانی تاڵەبانی لە سوریا سەرقاڵی دانانی بەرنامەیەکە بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا. ئەمەش لەگەڵ مەیلی کوردپەروەرانەیدا هاوجوت بوو.

لە ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ هەر یەك لە عادل شوکر ئەحمەد و فەرحان بادینی و داوود محەمەد عەلی تەوریزیان بەجێ هێشت و چونە شاری ورمێ، لەوێوە بەهاوکاریی چەند دۆستێك، لە سنوری ئێران- تورکیا پەڕینەوەو چونە سنوری ناوچەی گەڤەرو لەوێوە گەیەنرانە سەر سنوری تورکیا- سوریا. لەشارۆچکەی دێرك پەیوەندییان بە بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. لەوێ لە لایەن برایم عەزۆو فەرهاد شاکەلی‌و عەبدولڕەزاق عەزیز میرزاوە بە گەرمو گوڕی پێشوازییان لێ کرا.

هەر لەو ساڵەدا لە سوریا لەگەڵ سەید کەریم هاودیانی‌و فوئاد عومەر سەرپەرشتیی خولێکی پێشمەرگانەی کرد کە بە یارمەتیی سورییەکان بۆ مەشق پێکرنی ١٢٧ کادیری پێشمەرگە ڕێك خرابوو. دواتر لەگەڵ دکتۆر کەمال خۆشناودا بەشدار بوو لە سەرپەرشتی کردنی خولێکی سیاسی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی پێشمەرگەو دواتر خۆیشی لەگەڵ هەر یەك لەعەبدولڕەزاق عەزیز میرزاو فەرهاد شاکەلی‌و مستەفا خوخی‌و حەسەن نەرمۆ و هەڤاڵ یەزدین‌و عادل شوکر ئەحمەد و حسێن بابە شێخ و حەسەن فەیزوڵڵا بەشدار بوو لە خولێکی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی کە سورییەکان لە شاری قامشلوو بۆ کادیرە عەسکەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سازیان کردبوو. هەموو ئەم خولانە بەشێك بون لە بەرنامەی خۆئامادەکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا.

لە تشرینی دووەمی ١٩٧٦دا لەگەڵ تیمێکی مەشقپێکراوی پێشمەرگەدا سوریای بەجێ هێشت و چووە ناو خاکی تورکیا بەو نیازەی کە لەوێوە بچێتە بادینان بۆ بەشداری کردن لە خەباتی چەکداردا، بەڵام لەم سەفەرەدا تیمەکە لە ڕێگادا توشی نەهامەتییەکی زۆر بوو و لە دواییدا ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ سوریا. بەهاری ١٩٧٧ لەگەڵ تیمێکی تردا هەوڵێکی تری داو ئەمجارە بەسەرکەوتوویی گەیشتە دۆڵی خواکورك. لەوێ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا بەشدار بوو لە هەوڵەکانی گەیاندنی چەك بە پێشمەرگە لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا.

پاش کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە برادۆست لە ئاب و ئەیلولی ١٩٧٧و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە، کرایە ڕابەری سیاسی‌و ڕەوانەی سنوری هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر کرا. ساڵی ١٩٧٨ گوێزرایەوە بۆ هەرێمی ٥ی قەرەداغ بەڵام زۆر لەوێ نەمایەوە چونکە تاڵەبانی کردی بە فەرماندەی مەفرەزەی پاسەوانیی خۆی. لە پایزدا گوێزرایەوە بۆ سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ‌و لەوێ یەکەم کەرتی هێزی پێشمەرگەی لە سنوری گەرمیان دروست کرد. هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی هەرێمی ٥ی قەرەداغی پێ سپێردرا کەفەرماندەکەی فەیسەڵ ڕەشید تاڵەبانی بوو.

ساڵی ١٩٨٢ پاش ڕاگرتنی کارکردن بە سیستمی هەرێمەکان‌و پێکهێنانی تیپەکان، کرایە یەکەم فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان کە سنورەکەی هەمان سنوری کەرتی ٣ی کفری‌و کەرتی ٥ی دوز بوو. ساڵی ١٩٨٤

کرایە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی یەك. ساڵی ١٩٨٦ ئەرکی رێکخستنەوەی تیپەکانی مەڵبەندی ٣ی پێ سپێردرا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕی قازبەگیان (١٩٧٧)و شەڕی شیوەشان لە دەشتی کۆیەو شەڕی میریاسیی خواروو لە قەرەداغ (١٩٧٨)، ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج (١٩٨٥)، شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧ کە تێیدا سەرپەرشتیی قۆڵی باڵخی کردووە.

ساڵی ١٩٨٨ دوای تەشەنە سەندنی جەنگی کیمیایی‌و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ئێران گیرسایەوەو ساڵی دواتر روی کردە سویدو لەوێ جێگیر بوو. هەمان ساڵ بە لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی سوید هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠٠٩ گەڕایەوە بۆ کوردستان. هەر ئەو ساڵە بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانرا. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٨ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ١١ی رێکخستنی گەرمیانی پێ سپێردرا.

## سامان مەولود غەریب



کادیری دێرینی رێکخستن. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٧٧ کاتێك کە خوێندکاری کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی بوو، پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە شانەی سەرەکیی شەهید بروسك رێك خرا. لەو ماوەیەدا هەر سێ ئەرکی، وەك خوێندکاری زانکۆو وەك هەڵسوڕاوی رێکخستن و وەك کرێکار بۆ دابینکردنی بژێو، بە رێکوپێکی بەجێ هێناوە.

ساڵی ١٩٨٥ لەگوندی سێروان لە ناوچەی مەرگە، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد بەڵام سەرکردایەتیی کۆمەڵە وای بە باش زانی کە بگەڕێتەوە بۆ ناو شارو بۆ کارکردن لە کەرتی رێکخستنی شەهید کرێکارو خۆی بۆ هاوکاری کردنی رێکخستن بۆ دەرکردنی بڵاوکراوە نهێنییەکان تەرخان بکات. بۆیە تەنها یەك هەفتە لە سێروان مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ سلێمانی و وەك سەربازێکی راکردوو لە جەنگی عیراق - ئێران ژیانی خۆی رێکخست. لەو ماوەیەدا، سەرباری جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی کە پێی سپێردرابوون، لێپرسراوەتیی رێکخستنی پۆستەی نێوان سەرکردایەتی و رێکخراوی سلێمانیی گرتە ئەستۆ کە ئەوسا بنکە نهێنییەکەی لە گوندەکانی قزلەر و کانی بەردینە بوو و دواتر بۆ گوندی کانی شۆکی سورداش گوێزرایەوە.

هەر ئەو ساڵە، بە هۆی ئەوەی کە برایەکی پێشمەرگە بوو لە مەڵبەندی ٢ی یەکێتی لە گوندی سەرگەڵوو، باوك و دایك و برای، لەگەڵ چەند ماڵێکی سلێمانی، کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و خانووەکەیان دەستی بەسەردا گیرا. دایکی، لە سورداش لەگەڵ ژنەکانی تردا ئازاد کرا و باوکی برایە بەندیخانەی تکریت و براکەشی لە بەندیخانەی حەدیسە لە پارێزگای ئەنبار زیندانی کرا. هەردووکیان تا ساڵی ١٩٨٧ لە زیندان مانەوەو دواتر ئازاد کران.

تا ئەو کاتە لێپرسراوی پۆلی شەهید بەختیارو ئەندامی کەرتی رێکخستنی شەهید کرێکار بوو. ساڵی ١٩٨٨ کرایە ئەندامی رێکخراوی سلێمانی.

ساڵی ١٩٨٩ بەگومانی کارکردن بۆ یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان، لە لایەن ئەمنی سلێمانییەوە دەستگیر کرا، بەڵام پاش دوو مانگ، دوای ئەوەی هیچی لەسەر ئاشکرا نەبوو، ئازاد کرا. دوا بەدوای ئەمە، پاش دەرچوونی لێبوردن بۆ سەربازە راکردووەکان، چوو بۆ خزمەتی سەربازی.

ساڵی ١٩٩٠ بەشێك لە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی سلێمانی ئاشکرا بوون و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخستن بە بەڵگەوە دەستگیر کران و بە هۆی ئەو بەڵگانەوە فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچوو. لەو کاتەدا ئەو سەرباز بوو لە شنگال. بەگەیشتنی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ شنگال، رادەستی دەزگای ئەمنی شنگال کرا و لەوێوە رەوانەی موسڵ کرا، پاشان رادەستی دەزگای ئەمنی هەولێر کرا و لەوێوە نێردرایەوە بۆ سلێمانی. دوای ئەوەی کە ٩ مانگ لە ژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا مایەوە، بۆ بەغدا نێردرا و رادەستی دەزگای ئەمنی کەرخ کراو دواتر برایە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەمن. لە دادگا بەپێی ماددەی ١٧٥/ب سزای زیندانی هەمیشەیی درا و خرایە زیندانی ئەبوغرێبەوە.

لە ناو بەندیخانەی ئەبوغرێب، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە زیندانییە سیاسییەکان، پێکەوە کۆمیتەی باوەڕیان پێکهێنا. ئامانجی ئەم کۆمیتەیە هێشتنەوەی گیانی خۆڕاگریی زیندانییە سیاسییەکان بوو بە کڵپە سەندویی.

لە ١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ بەپێی ڕێککەوتنێك لە نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عێراق، ئازاد کرا. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردو دوای کۆنگرە کرایە ئەندامی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی و لێپرسراوی کۆمیتەی سرك. پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەکە، کرایە ئەندامی بەشی ڕێکخستنی مەڵبەندو دواتریش بووە لێپرسراوی بەشی زانیاریی مەڵبەند. پاشان بووە کادیر لە دەزگای زانیاری و لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٩ کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی.

## سامی جەمال محەمەد قەرەداغی



کادیری ڕێکخستنو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی گەڕەکی جولەکانی شاری سلێمانی. بە ڕیشە دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی زەویداری مامناوەنجی سنوری قەرەداغ. باوکی لە سلێمانی پۆلیس بووە، لە سۆنگەی فاکتەری سیاسییەوە بۆ بەسرە دور خراوەتەوەو بە هۆی ئەمەوە خێزانەکەشی لە گەڕەکی عەششاری شاری بەسرە گیرساوەتەوە. سامی هەر لەوێ خرایە بەر خوێندن و تەنها لە ساڵی ١٩٧٠دا، پاش راگەیاندنی بەیاننامەی ئازار، ئینجا دەرفەتی لەبار بۆ گەڕانەوە بۆ سلێمانی پێك هات. لە سلێمانی قۆناغی ناوەندیو دواناوەندیی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو پاش دوو ساڵ لە گوندی گاپیلۆنی دۆڵی جافەتی پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، لەوێوە چوو بۆ ناوچەی سەرکردایەتیو لە ناوزەنگ گیرسایەوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بە ئیشوکاری پێشمەرگایەتی چوو بۆ ناوچەی شارباژێڕ و لەوێ هەندێ ئەرکی لە ناو سلێمانی پێ سپێردرا، لەم سۆنگەیەوە لە شارباژێڕەوە چوو بۆ قەرەداغ و لەوێوە بەبێ چەك روی کردە شاری سلێمانی بەڵام لە نزیك سلێمانی، لە نێوان گوندی قڕگەو شەقامی شەست مەتری

کە تازە دروست دەکرا، لە لایەن هێزێکی پۆلیسەوە دەستگیر کرا. لەو سۆنگەیەوە کە پێش ئەوەی ببێ بە پێشمەرگە، لەبری ئەوەی بۆ خزمەتی سەربازی بنێردرێ کرا بوو بە پۆلیس، درایەوە بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانیو دوای لێکۆڵینەوەی سەرەتاییو دوو هەفتە مانەوە لە زیندان، رادەستی دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوک کرا کە یەکێ لە دەزگا تۆقێنەرەکانی رژێمی بەعس و خاوەنی یەکێ لە ترسناکترین گرتوخانەکان بوو.

لە مانگی حوزەیراندا خۆیو ٦٦ گیراوی سیاسیی تر هەر یەکەیان بە چەند ساڵێك حوکم دران. ئەو بۆ خۆی ماوەی ١٥ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێنراو دواتر رەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کرا، ماوەی دوو ساڵو هەشت مانگی لەوێ بەسەر برد. لە تەموزی ١٩٨٢دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانەوە کردەوەو لە پۆلی شەهید رێبواری سەر بە کەرتی شەهاب شێخ نوری لە رێکخراوی سلێمانی رێك خرایەوە. ساڵی ١٩٨٣ کرایە لێپرسراوی سەرەکی لە پۆلی عەلی جافەرانیی سەر بە کەرتی شەهید ئارام و لەو ماوەیەدا جموجوڵێکی کارای لە ناو رێکخستنەکاندا نیشان دا، لەوانە بردنی بڵاوکراوە عەرەبی زوبانەکانی دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەغداو دانانی لە سندوقی پۆستەی باڵیۆزخانەی وڵاتان و ئۆفیسی رۆژنامەو کۆمپانیا بیانییەکان کە لە بەغدا بارەگایان هەبوو. بەم کارە توانی دەنگی یەکێتیو خەباتی کورد بگەیەنێ بە چەندەها لایەنی بیانی.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤دا بۆ جاری دووەم پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردەوەو دواتر بۆ سنوری رێکخراوی ٤ی کۆمەڵە گواسترایەوە کە بارەگاکەی لە گوندی بەلەکجاری ناوچەی قەرەداغ بوو. تا ساڵی ١٩٨٨ بەشدار بوو لە بەشێکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنوری قەرەداغ و بازیانو گەرمیانو دەشتی کۆیەو بالیسانو ناو شاری سلێمانی.

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا بە شێوەیەکی نهێنی نێردرایەوە بۆ ناو شاری سلێمانی بە مەبەستی سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی پێکهێنانی تیپەکانی سوپای رزگاریی کوردستان ناسراو بەسرك و تا راپەرینی ساڵی ١٩٩١ لە ناو شار مایەوە.

لە راپەرینی ساڵی ١٩٩١دا فەرماندەی تیپی ١ی سرك بوو لە سلێمانی. ئەم تیپە رۆڵێکی کارای لە راماڵینی دەسەڵاتی دامودەزگاکانی رژێمی بەعس و گرتنی بارەگا سەرەکییەکانی لەگەڕەکی بەختیاریو لەهێرش کردنە سەر بارەگای ئەمنە سورەکەو گرتنی سەربازگەی سارداو و رەبیەکانی چیای ئەزمڕو بنکەکانی سنوری قەڵاچوالاندا نواندو دواتریش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیونی رزگارکردنی شاری کەرکوك.

پاش راپەڕین بارەگای لە قەڵاچوالان دانا و پاشان لەگوندی قڕگە و دواتریش لە سلێمانی. لە ئابی ١٩٩١دا کرایە لێپرسراوی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٢ وەك لێپرسراوی هێزی پاراستنی بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان گوێزرایەوە بۆ گەلاڵە لە ناوچەی باڵەکایەتی.

ساڵی ١٩٩٤ پاش پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان، کرایە فەرماندەی سریەی پارێزگاریی بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان. ساڵی ١٩٩٦ بەشداریی لە ئۆپەراسیونی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەو ساڵی ١٩٩٧ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا کردو لە ماوەی نێوان ١٩٩٢ - ٢٠١٠دا ئەندامی هەر سێ کۆنگرەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

# سامی شۆڕش



نوسەرو رۆژنامەنوس. ناوی تەواوی سامی عەبدولفەتاح عەبدوللەتیف عەبدولوەهاب. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی شاری هەولێر. لە باوکێکی عەرەبی موسڵ و دایکێکی کوردی هەولێرە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٩ لە بەشی زمانی کوردیی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیراوەو ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە.

ژیانی سیاسیی لە چەند وێستگەیەکی هەمەجۆر پێکدێ. لە تافی لاوێتیدا بەلای بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەدا دایشکاند و پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، نەگەڕایەوە ناو پارتی، بەڵکو پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کردووە کە بە باڵی رادیکاڵی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عیراق دادەنرێ‌و پەیڕەویی لە بیروباوەڕی ماویزم کردووە. هەرچەند لە ژیانی نوسیندا بەشاعیر ناوی دێ، بەڵام داهێنانە شیعرییەکانی بە شێوەیەکی گشتی بە ژمارە زۆر نین و لە زۆربەشیاندا قۆناغی رادیکاڵییانەی ژیانی رەنگیان داوەتەوە. تا نزیك دەیەی هەشتاکان ستراکچەری فیکریی لە دەوروبەری بیروباوەڕی عیراقچێتی سوڕاوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە بارەگای سەرەکیی سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد لەگەڵاڵە و تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ لەوێ مایەوە. دواتر ئاوارەی ئێران بوو و لەوێوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی چوو بۆ سوریا.

ساڵی ١٩٧٦ دوای ئەوەی ئیبراهیم عەللاویی سکرتێری سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بڕیاریدا چالاکییەکانی حزب راگرێ تا ئەو کاتەی هەلێکی لەبارتر بۆ خەبات لە دژی رژێمی بەعسی عیراق دەڕەخسێ، کادیرەکانی دژ بەم بڕیارە بە سەرۆکایەتیی عادل عەبدولمەهدی رێکخراوێکیان بە ناوی ویحدەت ئەلقاعیدە پێکهێنا و بڕیاریان دا بەردەوام بن لەسەر تێکۆشان. سامی شۆڕش یەکێ لەو کادیرانە بوو کە پەیوەندییان بەم گروپەوە کرد. بەڵام زۆری نەبرد لەم گروپە بێئومێد بوو، وازی لێ هێناو گەڕایەوە بۆ عیراق.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوزەنگ لە بارەگای یەکێتیی نوسەرانی کوردستان گیرسایەوە. قۆناغی نێوان ١٩٨٢-١٩٨٥ بەقۆناغێکی بە بڕشتی تەمەنی دانانرێ‌و گەورەترین چالاکیی رۆشنبیریی لەو ماوەیەدا، بەشداربونێتی لە ساڵی ١٩٨٣دا لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا لە گوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی لەگەڵ هەر یەك لە جەوهەر کرمانج، خەلیل دهۆکی‌و سەعدوڵلا پەرۆش، کە دواتر بەرهەمی هەرسێکیان و وتارێکی محەمەد موکری پێکەوە لەنامیلکەیەکدا بە ناونیشانی «شیعر لەکۆڕێکی پێشمەرگانەدا» لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید چاپ کران. هەر لەو ساڵەشدا بەرهەمێکی لەگۆڤاری «نوسەری نوێ»ی لقی هەولێری یەکێتیی نوسەرانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی ١٩٨٦ بڕیاریدا پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بکا و هەر ئەو ساڵە کرایە ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن. ئەم قۆناغەی

ژیانی بەقۆناغێکی بەبڕشت دادەندرێ کە تێیدا لە سەرەتادا وەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی «شەرارە» کاری کردووە، دواتریش رۆڵی بەڕێوەبەری نوسینی تێدا گێڕاوە، چەندین وتاری تێدا بڵاو کردۆتەوەو لە هەمان کاتدا سەرپەرشتیی دەرکردنی پاشکۆی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی بە زمانی عەرەبی کردووە، سەرباری ئەوەی کە دواتر بۆتە لێپرسراوی چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵووی دۆڵی جافەتی.

ساڵی ١٩٨٧ لە میوانداریەکدا لە گوندی سێروانی بناری چیای ئاسۆس، سیخوڕێکی رژێمی بەعس لە هەوڵێکدا بۆ کوشتنی مستەفا چاوڕەشی سەرپەرشتیاری تیپەکانی ناوچەی پشدەرو بیتوێن، ژەهری کردە ناو خواردن و بەهۆی ئەمەوە میوانەکان لەوانە سامی شۆڕش نیشانەی ژەهرخواردوو کردنیان لێ دەرکەوت و کەوتنە ژێر هەڕەشەی مەرگەوە. مستەفا چاوڕەش و سامی شۆڕش بە پەلەپروزێ نێردرانە ئێران و لەوێوە چون بۆ بریتانیا بۆ چارەسەر. لە بریتانیا پاش وەرگرتنی چارەسەری پێویست و چاکبونەوە، سەرقاڵی خوێندنو کاری رۆژنامەوانی بوو. لە ساڵی ١٩٩٢دا بڕوانامەی ماجستێری لە زانکۆی لەندەن سەبارەت بە مێژوی گروپە ئاینییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست هێنا و لەو ماوەیەشدا سەرنوسەری رۆژنامەی «مەناری کوردی» بوو کە رۆژنامەیەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی عەرەبی لە بریتانیا دەری کردووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٤دا سەرپەرشتیار و پاشان سەرنوسەری چاپی نێودەوڵەتیی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بوو لە بریتانیا.

ساڵی ١٩٩٨ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو لە ئێزگەی عیراقی ئازاد لە پراگی پایتەختی چیك کاری کرد. ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی دێڤد برووکی وەرگرت کە بە ڕۆژنامەنوسە سەرکەوتووەکان دەدرێ.

ساڵی ٢٠٠٤ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ٢٠٠٤-٢٠٠٦دا، کرایە وەزیری رۆشنبیری. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا سەرۆکایەتیی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیی لە پارێزگای هەولێر کرد، دواتر بووە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی. هەر ئەو ساڵە لە١١ی تشرینی دووەمدا لە هەولێر بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کرد.

## سامی قادر ئەحمەد



پێشمەرگەی دێرینو کادیری رێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گەڕەکی سەعدوناوای شاری هەولێر. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووەو ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. لە ساڵی ١٩٧٣دا بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانو لە ساڵی ١٩٧٤دا، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو بۆتە پێشمەرگە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە. لە ئاوارەییدا ماوەیەك لە ئۆردوگای ئاوارەکانی سەر ئاب نیلوفەری لە کرماشان ماوەتەوەو لە مانگی ئایاردا گەڕاوەتەوە بۆ عیراق. لەو قۆناغەدا لەگەڵ چەند لاوێکی هاوتەمەنی خۆیدا مەسەلەی




پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نهێنیی بۆ درێژەدان بە کوردایەتی تاوتوێ کرد. دواتر بۆیان دەرکەوت کە ڕێکخراوێك لەوەی کە ئەوان بیریان لێ کردۆتەوە هەیەو بۆ هەمان ئامانج تێدەکۆشێ کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە. بۆیە هەموو گروپەکە پێکەوە لە ڕێی جەمیل ڕەنجبەرەوە پەیوەندییان پێوە کرد.

لە ساڵی ١٩٧٦دا پاش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکان لەسەر دەستی شاسوار جەلالو دواتریش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمی هەولێر بە لێپرسراوەتیی عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر، کرایە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی هەولێرو ئەرکی بەڕێوەبردنی بەشێکی ڕێکخستنەکانی هەولێری پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٧٧ پاش ئاشکرابونی هەندێ ئەندامی ڕێکخستنەکانو بەرپابونی شاڵاوێکی گرتنو ڕاوەدونان، پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کرد. پاش پێکهێنانی هەرێمی خۆشناوەتی، کرایە ڕابەری سیاسی لە سنوری ناوچەی خۆشناوەتی.

لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا بەشدار بوو لەکۆبونەوەی دووەمی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لەگوندی شێنێ کە تێیدا سەرکردایەتییەکی تازە لە پانزە ئەندام بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردرا. هەر پاش کۆبونەوەکە بەشداریی لە شەڕی ٩ ڕۆژەی شێنێدا کرد کە هێزەکانی عیراق تێیدا زیانی ٢٥٠ کوژراو و ٢٠٠ برینداریان لێ کەوت.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا کە تا ساڵی ١٩٧٩ درێژەی کێشاوە، بەشداریی لە چەند شەڕێکی گەورەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی شیوەشان، هەورێ، ئاوەگردو سناوە. لە ساڵی ١٩٧٩دا لە سۆنگەی هەندێ هۆی تایبەتەوە وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنەکاندا نەپچڕا.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا لەگەڵ شانە چەکدارەکانی بروسکدا بەشداریی لە ڕزگارکردنی هەولێردا کردو دواتریش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی کەرکوکدا. پاش ڕاپەڕین، لە هێزی دەشتی هەولێر بووە ڕابەری سیاسیی بەتالیۆنو دواتر لێپرسراوەتیی کەرتی ڕێکخستنی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی هەولێری پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٧ بووە بە ڕابەری سیاسیی لەشکری ٩ی کۆیەو دواتر کرایە کارگێڕی کۆمیتە لە فەرماندەیی ٩ی کۆیە. ساڵی ١٩٩٩ بۆ مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر گوێزرایەوەو لە ساڵی ٢٠٠٣دا بووە ئەندامی مەڵبەند. پاش دوو ساڵ کرایە کارگێڕ لە مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیەو دواتر لێپرسراوەتیی جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی گرتە ئەستۆ.

ئەندامی کۆنگرەی یەکەم و دووەم و سێیەمی یەکێتیی نیشتمانییەو لە بواری نوسیندا چەندین بابەتی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستانی نوێ، هامون، نۆڤین، کۆسار، شەهید، ڕێبەری پێشمەرگە، جیهانی روناکبیری، چیاو تیشك بڵاوکردۆتەوە.

دیارترین بەرهەمەکانی، وەرگێڕانی کتێبەکەی

«خەباتی کورد»ی محەمەد شێرزادە بۆ سەر زمانی کوردی کە ساڵی ١٩٤٦ بە زمانی عەرەبی لە قاهیرە دەرچووە. لە پێشەکییەکی تێر و تەسەلدا کە بۆ چاپی کوردیی کتێبەکە نوسیویەتی، هەموو ئەو بەڵگانەی هێناوەتەوە کە محەمەد شێرزاد ناوێکی خوازراوە کە پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمان، خوێندکاری یاسا لە کۆلیجی مافی زانکۆی مەلیك فوئاد، بەکاری هێناوە. کتێبەکە ساڵی ٢٠١٠ لە دوتوێی ١٣٦ لاپەڕەی قەبارە مامناوەنجیدا لە هەولێر چاپ کراوەو وەك یەکێ لە بەرهەمەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە بڵاو کراوەتەوە.

## ساوێن (شەڕ)

شەڕێکە لە ئازاری ١٩٧٧ دا قەڵەمڕەوێکی فراوانی ناوچەکانی ئاکۆیەتی و ناودەشتی گرتۆتەوە، تێیدا هێزەکانی عیراق هەوڵیان داوە گوندە سنورییەکان راگوێزن. هێزی پێشمەرگە بەرەنگاریان بۆتەوەو زیانی گەورەی لێ داون.

لە ئازاری ١٩٧٧دا لە هەوڵێکدا بۆ گورز وەشاندن لە هێزی پێشمەرگەو راگواستنی گوندەکان، فەرماندەیی سوپای عیراق هێزێکی کۆماندۆی لە دەوروبەری سەنگەسەر کۆکردەوە. لە ٢٦ی ئازاردا هێزە بەربڵاوەکە بەرەو چیاکانی کورك و گەری گازی جموجوڵی کرد.

شەڕ لە دوو قۆڵەوە دەستی پێ کرد. قۆڵی یەکەم قۆڵی چیای کورك بوو. هێزێکی پێشمەرگە کە لە ٣٠ پێشمەرگە پێکهاتبوو، لە چیای کورك بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بۆوە. شەڕ لە سەعات ٨ی بەیانی دەستی پێ کردو تا سەعات ٦ ی ئێوارە درێژەی کێشا. هێزەکانی عیراق تۆپخانەو هەلیکۆپتەری جەنگییان دژی هێزی پێشمەرگە بەکار هێنا. لە قۆڵی دووەمدا کە قۆڵی گەری گازی بوو، هێزەکانی عیراق تۆپبارانی چیای گەری گازییان کردو دواتر هێرشێکی بەرینیان بردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. لەوێش شەڕێکی قورس قەوما.

پاش زیادبونی فشار لەسەر هەردوو قۆڵ، شەو هێزی پێشمەرگەی هەردوو قۆڵ بەرەو چیای ساوێن کشایەوەو لەوێ سەنگەری لێدا. بەمجۆرە، بەرەی شەڕ بۆ ساوێن گوێزرایەوە. لە ٢٧ ی ئازاردا هێزەکانی عیراق بە تۆپ و هەلیکۆپتەری جەنگی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بۆردومان کردو دواتر هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر چیاکە. شەڕ درێژەی کێشا. هێزی پێشمەرگە لە بەرگرییەوە کەوتە هێرش بردن. هێزە پەلاماردەرەکە بە تێکشکاوی پاشەکشەی کرد. سەرلێشێواویی هێزەکانی عیراق گەیشتبووە ئەو رادەیەی کە بە تۆپ و دۆشکا تەقەیان لە هێزەکانی خۆیان دەکرد کە ئەمەش قەوارەی زیانەکانی زیاد کرد.

شەڕ شوێنی تری تەنییەوە، بەتایبەتی بۆڵێ، سورەدێ و دۆڵی شەهیدان. هێزەکانی عیراق، وەك بەنیاز بون، نەیانتوانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە لە ناو بەرن. بەپێچەوانەوە، زیانێکی زۆریان بەر کەوت بەڵام توانییان ٢٠٠ ماڵ راگوێزن و گوندەکانی سیوەیس، شێخان، وەرتێ، بەراوەو ئەبوبەکرە بسوتێنن.

قەوارەی زیانەکانی هێزەکانی عیراق زۆر گەورە بوو. بەپێی سەرچاوەکانی ساڵی ١٩٧٨ وەك لە ژمارە ١ی بڵاوکراوەی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق»دا هاتووە، هێزەکانی عیراق زیانی ٢٧٠ کوژراو و برینداریان لێ کەوتووە. بەڵام سەرچاوەکانی ساڵی ١٩٨٣ وەك لە ژمارە ٥ی خولی دووەمی گۆڤاری «پێشمەرگە»دا هاتووە، زیانی دوژمن وردتر دەخەنە روو و بە کوژرانی ١٨٠و بریندار‌بونی ١٣٨ سەرباز مەزەندەی دەکەن.

دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە لە هەموو بەرەکاندا

٢ ڕەشاشی بی کەی سی، یەك ڕەشاشی ئار بی کەی و ١٦ کلاشنکۆف بوو.

هێزی پێشمەرگە ٦ شەهیدی هەبوو کە ئەمەش ناوەکانیانە: سەلیم خدر عەلی سورەدێ، عەلی حەمە خدر، فەقێ عەبدوڵڵا خدر مام ئاغا، کوێخا نەبی حەمەد، عەبدوڵڵا حەسەن عەبدوڵڵا، محەمەد سەردەشتی. سێ برینداریش هەبوون.

ئەو ماوەیەی کە شەڕەکەی تێدا قەوماوە، ماوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری چۆڵ کردنی ناوچەکانی سەر سنورو ڕاگواستنی گوندەکان بوو. لەو ماوەیەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو توانای خۆی بۆ پوچەڵ کردنەوەی پڕۆژەی ڕاگواستنی گوندەکان خستە گەڕو لەم سۆنگەیەوە شەڕی گەورە لە ناوچەکانی پشتێنەی سنوری عیراق- ئێران لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراقدا ڕویدا. سەرەڕای ئەو زیانەی لەو شەڕانە بەر هێزەکانی عیراق کەوت، بەغدا هەر بەردەوام بوو لەسەر ستراتیجی چۆڵ کردنی پشتێنەی سنورو ڕاگواستنی گوندەکان.

## سبەی (گۆڤار)

گۆڤارێکی ئەدەبیو هونەرییە، کۆمەڵێك نوسەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ لە هەولێر دەریان کردووە. تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لە ئایاری ١٩٩٣ دەرچووەو دووەم ژمارە لە پایزی هەمان ساڵ دەرچووە. دوو سەرنوسەری بە خۆیەوە دیوە. سەرنوسەری ژمارە یەك ئەرسەلان بایزەو جێگری سەرنوسەر ئازاد جندیانییە. لە ژمارە ٢دا ئەرسەلان بایز بۆتە خاوەنی ئیمتیازو ئازاد جندیانی لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گرتۆتە ئەستۆ. لە هەردوو ژمارەدا سەعدوڵڵا پەرۆش سکرتێری نوسینە. دەستەی نوسەران لە




دڵشاد عەبدوڵڵا، بەرزان فەرەج، ئاسۆ ئەحمەد، هاشم سەراج و دانا سەعید سۆفی پێك هاتووە. هەڵگورد عەبدولوەهاب لێپرسراوی دەرهێنانی هونەرییە، بەڵام لە یەکەم ژمارەدا جێبەجێ کردنی دەرهێنانی هونەری لەئەستۆی یادگار ڕەشید دایەو لە ژمارە ٢دا محەمەد عەبدوڵڵا ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ. سامی شۆڕش پەیامنێری گۆڤارەکە بووە لەئەوروپا.

ئامانجی سەرەکیی دەرکردنی گۆڤارەکە پێشکەش کردنی چاپکراوێکی ناوازەو جیاواز بوە. ئەم ئامانجە هەم بە بابەتەکانەوە دیارە کە هەوڵ دراوە لە ئاستێکدا بن کە گوزارشت لە داهێنانی تازە بکەن، هەم بە شێوەی نەخشەسازی و قەبارەکەیەوە دیارە کە ویستراوە لە دیزاین و قەبارەی گۆڤارەکانی پێش خۆی نەچێ. سەربار، سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە ویستویانە ناسنامەیەکی سەربەخۆ بە کەسایەتیی ئەدەب و هونەر ببەخشن و داهێنانێکی پێشکەوتوتر پێشکەش بکەن. ئەم

پەیامەش بە ڕونی لە سەروتاری ژمارەی یەکەمدا دەردەکــەوێ کە سکرتێری نوسین نوسیویەتیو تێیدا هاتووە کە «ڕۆژنامەکان درێخییان نەنواندوە لە تەرخانکردنی لاپەڕەیەك یان چەند گۆشەیەك بۆ ئەدەب و هونەر، بەڵام هەرگیز لاپەڕەیەك یان گۆشەیەك لە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە یان هەفتانەدا ئەو ناسنامە سەربەخۆیە نابەخشێ بەو کەسایەتییە بەرجەستەبووەی کە ئـەدەب و هونەر هەیەتی... دیـارە مەبەست و نیازی سەرەکیمان لە دەرکردنـی گۆڤارێکی ئـاواش دەگەڕێتەوە بۆ خەمخۆریمان بۆ بزوتـنـەوەی ئـەدەبیو هونەریی کـوردیو ڕەخساندنی بوارێکی لەباریش لەبەردەم نەشونماکردنیو شڵەقاندنی گۆمی مەنگی دەقی داهێنراوی کوردیمان». لە سـەروتـاری ژمـارەی دووەمـدا هەمان تێز جەختی کراوەتەوە سەر و بەم چەشنە گوزارشتی لێ کراوە کەگۆڤارەکە «بۆ ئەوە هاتۆتە پێش کەدەرگایەکی دی بۆ داهێنانە ئەدەبییە بەبرشتەکان بخاتە سەر پشت».

هەرچەند گۆڤارەکە ناوی هیچ دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیریی لەسەر نیە بەڵام بەکردەوە دامـەزراوەی «کوردستانی نوێ» دەری کردووە. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کەبەرپرسە باڵاکانی گۆڤارەکەو زۆربەی کارمەندەکانی لە کوردستانی نوێ کاریان کردوە. لەم سەروبەندەدا ئەرسەلان بایز سەرنوسەری «کوردستانی نـوێ» بـووەو ئـازاد جندیانی جێگری سەرنوسەر بـووە، سەعدوڵلا پـەرۆش راوێژکـار بـووە تێیداو لە پێنج ئەندامەکەی دەستەی نوسەران دووانـیـان لە «کوردستانی نوێ» کاریان کردوە، سەرباری ئەوەی کەگۆڤارەکە هەر لەوێ تایپ کراوەو هەر لەوێش، لەسەر دەستی هەڵگورد عەبدولوەهاب و یادگار ڕەشید و محەمەد عەبدوڵلا کە لە بەشی تەکنیکیی کوردستانی نوێ کاریان کردوە، دیزاین کراوە.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ٢٣ بە ١٦سم دەرچووە. لە بەرگی پێشەوەو دواوە ڕەنگ بەکار هاتووە. دیزاینەری بەرگەکە سەردار سنجاوییەو گۆڤارەکە لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر چاپ کراوە.


دیزاینی گۆڤارەکە لە ئاستێکی پێشکەوتوو دایەو تەکنیکی تازەی تێدا بەکار هاتووە، هەروەها وێنە بە فراوانی تێیدا بەکار هێنراوەو چەند هونەرمەندێکیش هێڵکارییان بۆ کردووە لەوانە محەمەد ساڵەییو نامق عەلی قادر.

بابەتەکانی گۆڤارەکە بەسەر لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، شانۆ، شیعرو چیرۆکدا دابەش کراونو بەرهەمە بڵاوکراوەکان بە شێوەیەکی گشتی ئاستێکی بەرزیان هەبوە. لە ژمارەی لاپەڕەدا، ژمارە یەك لەدوتوێی ١٠٤ لاپەڕەدا دەرچووەو ژمارە دوو لە دوتوێی ١٣٦ لاپەڕەدا.

کۆمەڵێك نوسەر بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە دانا سەعید سۆفی، عەبدوڵلا بابەکر حەمە ئاغا، ئامانج غازی، ئالان ڕەئوف، هاشم سەراج، لاوك سەلاح، ئەحمەدی مەلا، دلاوەر قەرەداغی، فەرەیدونی ئەرشەدی، ئازاد بەرزنجی، ئاسۆ ئەحمەد، کاکەمەم بۆتانی، ڕەئوف بێگەرد، ئەرسەلان بایز، عەبدولموتتەلیب عەبدوڵلا، محەمەد کاکەیی، شەماڵ عومەر، سەردار سنجاوی، شێرکۆ بێکەس، دڵشاد عەبدوڵلا، فەرەیدون ڕێشڤان، کەریم دەشتی.

گۆڤارەکە پاشبەندێکی هەبووە کە عەبدولموتتەلیب عەبدوڵلا ئامادەی کردووە، تێیدا کتێب نمایش کراوەو هەوڵی دیکۆمێنت کردنی ژیانی ئەدەبیو هونەریی هەرێم کراوە. لەم ڕووەوە لە هەردوو ژمارەدا چالاکییە ئەدەبیو هونەرییەکانی هەر سێ پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆك، لە ژمارە یەکدا لە دوتوێی ٩ لاپەڕەداو لە ژمارە دووەدا لە دوتوێی ٣ لاپەڕەدا ڕوماڵ کراون. لە ژمارە یەکدا ١٨ لاپەڕەو لە ژمارە دوودا ٢٢ لاپەڕە بۆ پاشبەندەکە تەرخان کراون.

## سپارک The spark (رۆژنامە)



# THE SPARK

ORGAN OF THE PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN - PUK

VOLUME ONE FEBRUARY, 1977 NUMBER ONE

MILITARY OPERATIONS BY THE FORCES OF THE POPULAR REVOLUTION IN IRAQ

Since May 1976, the guerrilla and revolutionary units of the Iraqi popular revolution, headed by the " Iraqi Patriotic Gathering : Al-Tajamu' Al-Watani Al-Iraqi" in all Iraq and headed by the " Patriotic Union of Kurdistan -PUK" in Iraqi Kurdistan, have carried numerous military operations and sabotage missions against the regime of the fascist Takriti clique in Baghdad. The following are some examples of such operations:

- In June, 1976, A tank farm, near the big southern oilfield of Rumailah, was set on fire by one of the suicide units of the revolution. The fire lasted for four days despite feverish attempts by fire squads from Iraq, Iran and Kuwait. The authorities, in Baghdad, estimated the loss at about (34) million Iraqi Dinars.

- Another unit of revolutionary partisans, simultaneously, in June 1976, sabotaged the Bawenour oil wells near Kirkuk. The blaze lasted for three weeks despite the attempts of fire squads from Baghdad, Kirkuk, Arbil, Mosul and Sulaimania. The fire was finally put down by the American fire-fighter " Red Adair ", who was summoned to help the desperate authorities in Baghdad.

- An ammunition depot, in Kirkuk, relating to the Second Division of the Iraqi Army, was sabotaged and completely destroyed, in July 1976. The explosion was heard as far away as 15 Kms, according to Eye-wittness reports.

- In July, 1976, an assembly station and garage for Russian military lorries, belonging to Iraqi Army, in Boosh, Qanat Al-Jaish in Bagh... was completely destroy... by fire, set ablaze by another unit of partis... of the popular revolut...

- The number of partis... and guerrilla units, o... anised and headed by P... roaming the kurdish mo... tains and conducting v... ious types of military operations against the fascist aggressors of Baghdad, has been cont... uously on the increase especially after the s... essive escapes from co... ntration camps, in the South of Iraq, under t... leadership of the belo... son of the Kurdish peo... Ali Askari, to join th...

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی. نزیکەی ٣٠ ژمارەی لێ دەرچووە. عومەر شێخموس ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرنوسەری بووە. ئەو لە کوێ ژیاوە لەوێ دەری کردووە.

هەوەڵ سێ ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە زانکۆی ماریلاند لە شارۆچکەی کۆلیج پارك لە نزیك واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا دەرچووە، ژمارەکانی تر لە شاری ستۆکهۆلم لە سوید و شاری لەندەن لە بریتانیا دەرچوون، هەروەها ژمارەیەکیش لە کوردستان دەرچووە.

یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە شوباتی ساڵی ١٩٧٧ دەرچووەو دوا ژمارەشی لەنیسانی ١٩٨٥. ئەو ژمارەیەی لە کوردستان دەرچووە، لە ناوەزەنگ لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە. ئەو تایپە ئینگلیزییەی ئەو ژمارەیەی پێ تایپ کراوە، لە ئێران پەیدا کراوە. ئەم ژمارەیە پاش ئەوەی کە بابەتەکانی تایپ و دیزاین کران، رادەستی حسێن کەریم قادر (حەمە سەعید) کرا کە بردی بۆ شاری سەقز و لە چاپخانەیەکی ئۆفسێت چاپی کرد. هەر بەم تایپە، چەند بانگەوازێك بۆ رای گشتیی جیهان و چەند نامەو یاداشتێك بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە تایپ کراوە.

زۆربەی بابەتەکان هاوسەری عومەر شێخموس، ئەگنیتا شێخموس، تایپی کردوون و ئەرکی هەڵەبڕیشی گرتۆتە ئەستۆ، عومەر شێخموس خۆی دیزاینی کردووە.

لەو ژمارانەی لەم رۆژنامەیە دەرچوون، دوو ژمارەی نەبێ، هەمووی عومەر شێخموس دەری کردوە. دوو ژمارە ئاماژە پێکراوەکە هەڵۆ برایم ئەحمەد لە ساڵانی ١٩٨٠ — ١٩٨١لە بریتانیا دەری کردون، کاتێك عومەر شێخموس وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە کوردستان بووە.


سەرچاوەی بابەتە بڵاوکراوەکان، بە زۆری هەردوو رۆژنامەی شەرارەو رێبازی نوێیە، سەرباری رۆژنامەو گۆڤارە جیهانییەکان. رۆژنامەکە زۆرتر لە قەبارەی فولسکابو نیو فولسکابدایە. لە هەر ژمارەیەك ٥٠٠ دانە دەرچووە کە بەسەر رێکخستنەکانی دەرەوەی وڵاتو دامودەزگاکانی میدیای جیهاندا پەخش دەکران. ژمارەی لاپەڕەکانی لە نێوان ٤و٦و٨ لاپەڕە دایە. هەموی بە ئۆفسێت چاپ کراوە بەڵام زۆر جار رێکخستنەکان بە ئامێری فۆتۆکۆپی دانەیان لەبەر گرتۆتەوە.

ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە لە لایەن ئەحمەد بامەڕنییەوە کراون بەفەرەنسیو بە ناوی رۆژنامەی «لوتینسیل Letincelle» لە فەرەنسا چاپ کراون و بڵاو کراونەتەوە. هەروەها چەند ژمارەیەکیش بە سەرپەرشتیی دکتۆر ئەرجومەند سدیق، لە لایەن دکتۆر لاوچاك فەهمیو هاوسەرەکەیەوە کراون بە ئەڵمانیو بە ناوی رۆژنامەی «دێرفونکەوە» لە

ئەڵمانیا چاپ کراون. هەروەها دکتۆر جەمیل شەرەف لە هۆڵەندا چەند ژمارەیەکی لێ کردۆتە هۆڵەندیو بە ناوی ڕۆژنامەی دی ڤۆنك بڵاوی کردۆتەوە.

کۆپیی هەموو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لەکتێبخانەی زانکۆی ئیکستەر لە بریتانیا پارێزراون.

## ستار عەلی



نووسەرو کادیری ڕاگەیاندن. ناوی تەواوی عەبدولسەتار عەلی یاسین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی زێویێ ناحیەی سەرسنگ لە قەزای ئامێدی.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە موسڵ تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٧٦دا لە بەشی جیۆلۆجیای کۆلیجی زانستی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە و ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ کاتێك خوێندکار بووە لە زانکۆی موسڵ، پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە شانەی «گزنگ» ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووە. چالاکیی سیاسیی لە زانکۆ سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی زانکۆی موسڵی ڕاکێشا و بووە هۆی ئەوەی کە چەند جارێك بانگ بکرێ و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ. دوای تەواوکردنی خوێندن، لە دهۆك بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکانی لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران.

ساڵی ١٩٩١ لە دهۆك بەشدار بوو لە ڕاپەڕین. پاش ڕاپەڕین یەکێ لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان بوو لە دهۆك و هەر ئەو ساڵە بووە یەکەم بەڕێوەبەری کەناڵی دهۆکی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان. ساڵی ١٩٩٢ کرایە کارگێڕی مەڵبەندو بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن. لەم سەروبەندەدا لە ساڵی ١٩٩٣دا لێپرساوەتیی گۆڤاری «سەرهلدان»ی گرتە ئەستۆ کە گۆڤارێکی سیاسیی ڕۆشنبیریی گشتییە، مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری کردووە. گۆڤارەکە کە ١٦ ژمارەی لێ دەرچووە، تا ژمارە ١٤ لە دهۆك دەرچووە. لە ساڵانی نەوەدەکاندا گۆڤارەکە بە یەکێ لە پێشکەوتوترین گۆڤارەکانی دەڤەری بادینان دەژمێردرا و توانیبوی دەستەبژێری ڕۆشنبیری ناوچەکە بە لای خۆیدا رابکێشێ.

ساڵی ١٩٩٤ پاش خولی یەکەمی شەڕی ناوخۆ، کرایە جێگری یەکەمی لێپرساوی مەڵبەند. لە خولی دووەمی شەڕی ناوخۆدا، دهۆکی بەجێ هێشت و لە هەولێر گیرسایەوە. لەوێ هەم وەك جێگری یەکەمی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی خۆی هەم وەك سەرنوسەری گۆڤاری «سەرهلدان» درێژەی بە دەرکردنی گۆڤارەکە دا و دوو ژمارەی تری لە هەولێر دەرکرد.

لە ڕوداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دا کە تێیدا هێزەکانی عیراق و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرشیان کردە سەر هەولێر، لە لایەن پارتییەوە دەستگیر کرا و گوێزرایەوە بۆ بەندیخانەی ئاکرێ. دواتر ئازاد کرا و ڕێی پێ درا لە دهۆك بمێنێتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٠ دا گەڕایەوە بۆ سەر کارکردن لە مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی دهۆك و لێپرساوەتیی جێگری لێپرساوی پێ سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*سەرهلدان (گۆڤار).

# ستران عەبدوڵڵا



رۆژنامەنوس. ناوی تەواوی ساڵح عەبدوڵڵا محەمەد عەزیز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٩ی گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٨ بۆتە خوێندکاری بەشی ئابوریی کۆلیجی کارگێڕی‌و ئابوریی زانکۆی موسڵ. دوای هەڵایسانی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١و رزگارکردنی کەرکوك پەیوەندیی بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە خوێندنی بۆ زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر گواستەوە. لە ماوەی ١٩٩١-١٩٩٢ بەرپرسی لقی کۆلیجی کارگێڕی‌و ئابوریی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بوو. ساڵی ١٩٩٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی ئابوریی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێنا.

هەر ئەو ساڵە لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دامەزراو دەستی بەکاری رۆژنامەنوسی کرد. پلە بە پلە لە بەرپرسی لاپەڕەوە بۆ ئەندامێتیی دەستەی نوسەران گەشەی کرد و پاشان لە ساڵی ١٩٩٧دا بووەتە بەڕێوەبەری نوسینی رۆژنامەکە. هەر ئەو ساڵە، لە سلێمانی لەگەڵ هەر یەك لە فەرید ئەسەسەرد و سۆران داوودی‌و رەفعەت محەمەد یاسین و نزار خەسرەو بەشدار بوو لە پڕۆژەی دەرکردنی گۆڤاری «تایم» کە هەوڵ درا پانتاییەکی فراوانتری ئازادیی تێدا دەستەبەر بکرێ‌و کەمتر پابەند بێ بەسیاسەتە فەرمییەکان.

ساڵی ١٩٩٩ بووە جێگری سەرنوسەری رۆژنامەی « کوردستانی نوێ»، هەر ئەو ساڵە بووە ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ماوەیەکیش بە وەکالەت سەرنوسەری رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بوو.




ساڵی ٢٠٠١ وەك راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەکار بوو. پاشان بووە بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی حکومەت بە پلەی تایبەت.

ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ چەند رۆژنامەنوسێکدا دامەزراوەی «خەندان بۆ پەخش و وەشاندن»ی دامەزراندو یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەزگاکەو یەکەم سەرنوسەری رۆژنامەی «ئاسۆ» بوو کەدامەزراوەکە دەری کردووە. لەو ماوەیەدا وردە وردە رۆژنامەکەی لە هەفتانەوە بەرەو رۆژانە برد. لە ساڵی ٢٠٠٨ وازی لە سەرنوسەریی رۆژنامەی «ئاسۆ» هێناو بووە سەرنوسەری گۆڤاری «هەفتانە»و وەك سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی خەندان بەشدار بوو لە دامەزراندنی گۆڤارەکانی «ئەلئیسبوعیە» و «ئەلویلایە»و

«ئوفق»ی عەرەبی و «کۆپری»ی تورکمانی.

لە ئابی ساڵی ٢٠٠٩ وەك سەرنوسەر لە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دامەزرا. چەند کتێبێکی بە هەردوو زمانی عەرەبیو کوردی هەیە، دیارترینیان ئەو کتێبەیە کە بە ناونیشانی «مەسەلەی توتنەکە» پێنج بەشی لێ دەرکردووە.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی کەرکوک، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* کوردستانی نوێ (رۆژنامە).

## سروشت (بڵاوکراوە)




بڵاوکراوەیەکی زانستیی تایبەت بە منداڵانە. ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی وەرتێ لە لایەن مەڵبەندی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرچووە. تەنها ٣ ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لە کانونی دووەمی ١٩٨٣ لە دوتوێی ١٠ لاپەڕە دەرچووەو ژمارە دوو لە ئازاردا لە دوتوێی ٨ لاپەڕە. ژمارە ٣ چنگ ناکەوێو دیارە بە هۆی هەلومەرجی شەڕەوە فەوتاوە. قەبارەی گۆڤارەکە ٢١ بە ١٦ سم بووە.

لە ڕاستیدا کێشەیەك سەبارەت بە پۆلێنکردنی بڵاوکراوەکە هەیە چونکە سەرنوسەری بڵاوکراوەکە، عەباس ئیسماعیل ئاری، بە شێوەی «گۆڤار» دەری نەکردووە بەڵکو بە شێوەی «نامیلکە» دەری کردووەو لەسەر بەرگ بە «نامیلکەی زانستی» ناساندویەتی. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە بڵاوکراوەکە بڵاوکراوەیەکی خولەکی بووە و ژمارەی لەسەر بووە.

جۆری دابەزاندنی بابەت وای لە بڵاوکراوەکە کردووە نەختێك لە شێوەی گۆڤار دور بکەوێتەوەو زۆرتر شێوەی زنجیرە وەرگرێ چونکە هەر ژمارەیەکی، تایبەت بووە بە تاوتوێ کردنی بابەتێکی زانستی بە شێوەیەکی سادە.

هەموو بابەتەکان خودی سەرنوسەر ئامادەی کردووە و لە روی زمانەوانییەوە مەریوان وریا قانع بە بابەتەکاندا چۆتەوە. کاری هونەری بە مەحمود خۆشناو سپێردرا بوو، لەوانە خۆشنوسی و دیزاینی بەرگ. لە لایەکی ترەوە، سەرنوسەری بڵاوکراوەکە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمیی کاغەزی چاپ، پەیوەندیی لەگەڵ یوسف دەرگەڵەیی، یەکێ لە کادیرەکانی رێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە هەولێر، دروست کرد بوو. دەرگەڵەیی، بە رێوشوێنی خۆی، بڕی پێویستی کاغەزی بۆ دەنارد.

ساڵی ٢٠١٩ نەوزاد عەلی ئەحمەد لە چوارچێوەی پڕۆژەی پاراستن و دیکۆمێنت کردنی بڵاوکراوەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، بڵاوکراوەی «سروشت»ی چاپکردەوە و چاوپێکەوتنێکیشی لەگەڵ سەرنوسەری

بڵاوکراوەکە هاوپێچ کرد کە پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید سازی کردبوو.

پەیامی گۆڤارەکە گەیاندنی زانستە بە شێوەیەکی سادەو ساکار بە منداڵانی کوردو چاندنی تۆوی بیرکردنەوەی زانستی لە مێشکیاندا. بابەتەکان بە ئامێری فۆتۆ ستێنسل خراونەتە سەر ستێنسلو پاشان بە رۆنیۆ لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید لە گوندی وەرتێ راکێشراون. ئەم گۆڤارە تاکە گۆڤاری زانستیی سەردەمی پێشمەرگایەتییە کە تایبەت بە منداڵان بووبێ.

## سکتان (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لەگوندی سکتان لە ناوچەی کۆیە کە لەبەیانیی رۆژی ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٧٧ەوە تا ئێوارە درێژەی کێشاوە. لەم شەڕەدا هێزەکانی دوژمن سێ جار هێرشیان کردو لە ئاکامدا ٢٤ سەرباز کوژران و بریندار بوون. پێشمەرگە بێ زیان بوون.

## سکرتێری گشتی

بەرزترین پۆستە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٥ - ٢٠١٩دا کە ئاماژە بۆ سەرۆکی حزب دەکات. داهێنانی ئەم پۆستە بۆ ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك سەرکردایەتیی یەکێتی بۆ یەکەم جار لە ناوچەی برادۆست لە ماوەی نێوان ٣١ی ئاب و ١٢ی ئەیلولدا کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوانەدا کاروباری یەکێتی رێکخرا، پۆستی سکرتێری گشتی داهێنراو سەرکردایەتییەکی ١٩ کەسی (بە سکرتێری گشتییەوە) پێك هات.

لەو کۆبوونەوانەدا نوێنەرانی هەر سێ لایەنی کۆمەڵەی رەنجدەران و بزووتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتی وا رێککەوتن کە جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی بێ. لە کۆبوونەوەکانی ساڵی ١٩٧٨ی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەنۆکان، دیسان تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی دانرایەوە.

تا ساڵی ١٩٩٢ شێوەی هەڵبژاردن و ماوەی دەستبەکاربوونی سکرتێری گشتی دیاری نەکرابوو. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیار درا سکرتێری گشتی لە کۆنگرە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێ و دەسەڵاتەکانیشی دیاری کران.

لە کۆنگرەی دووەمدا کە لە ماوەی نێوان ٣٠ی کانونی دووەم و ٥ی شوباتی ٢٠٠١ لە سلێمانی بەسترا، بڕیار درا سکرتێری گشتی لەکۆنگرە هەڵبژێردرێ و کۆنگرەش هەر دوو ساڵ جارێك ببەسترێ.

ساڵی ٢٠١٠ لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکاندا بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم، لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ دەستەواژەی «سەرۆك»ی لەبری «سکرتێری گشتی» لە دەقی بەرایی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆدا چەسپاند، بەڵام دواتر دەستەواژەی «سەرۆك» لەسەر داوای تاڵەبانی لابرا و دەستەواژەی «سکرتێری گشتی» دانرایەوە.

لە کۆنگرەی سێیەمدا کە لە ماوەی ١- ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٠ لە سلێمانی بەسترا، بڕیار درا سکرتێری گشتی لە کۆنگرە هەڵبژێردرێ و کۆنگرەش هەر سێ ساڵ جارێك ببەسترێ. بەپێی ماددەی ٢٥ی پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم، مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سکرتێری گشتی بریتین لە:

١-تەمەنی لە چل ساڵ کەمتر نەبێت.

٢-ناو و ناوبانگی سەنگین بێت و شارەزا بێت

لە جیهانی سیاسەتداو خزمەتی گەل و نیشتمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردبێت.

٣-لانی کەم ماوەی ١٠ ساڵ ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووبێت.

بەپێی ماددەی ٢٦یش هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی بەو جۆرەیە کە ئەگەر یەك کاندید بۆ پۆستەکە هەبوو، ئەوا راستەوخۆ دەبێ بە سکرتێری گشتی. ئەگەر دوو کاندید هەبوو یان پتر، بەزۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێ. ئەگەر هیچ کاندیدێك زۆرینەی رەهای بەدەست نەهێنا، دوو کاندید لەوانەی زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە، دەچنەوە هەڵبژاردن و کامیان زۆرترین دەنگ بێنێ، بە براوە دادەنرێ.

ماددەی ٢٧ی پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتێکی زۆری بە سکرتێری گشتی داوە لەوانە جێبەجێ کردنی بڕیار و سیاسەتەکانی یەکێتی، دانانی جێگر، پێشنیارکردنی کاندیدەکانی دەستەی کارگێڕ بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی، کاندید کردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی، دەرکردنی فەرمانی دانانی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و لێپرسراوانی دەزگاکان لە پۆستەکانیان، رێکخستنی کاروباری دارایی، سەرپەرشتی کردنی دەزگای چاودێریی دارایی و دەزگا تایبەتەکان.

ساڵی ٢٠١٩ پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی ئامادەکراو بۆ کۆنگرەی چوارەم، کۆتایی بەو مشتومڕە هێنا کە لەسەر ئەم بابەتە هەبوو، بڕیاری لابردنی دەستەواژەی «سکرتێری گشتی»ی دا و پێشنیاری بەکارهێنانی دەستەواژەی «سەرۆك» یان «سکرتێر»ی کرد. پاش کۆنگرە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە کۆنگرە پێی بەخشی بوو، سیستمی هاوسەرۆکیی پەسند کرد و دوو سەرۆکی بۆ حزب هەڵبژارد.

## سکولاریزم (پرنسیپ)

یەکێ لە ئامانجەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە ڕوی ناوەڕۆکەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە حزبێکی سکولار دادەندرێ چونکە ئامانجە ئایینییەکان بەشێکی ئامانجە گشتییەکانی پێك ناهێنن. پەیوەند بەم مەسەلەیە، دژایەتی کردنی ئاین بەشێکی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك ناهێنێو لە ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیدا سکولاریزم بەواتای دژایەتی کردنی ئاینو باوەڕداران نایەت.

لە باری سەرنجی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بزوتنەوەی کوردایەتی لە سەرەتای پەیدابونییەوە بزوتنەوەیەکی بە ناوەڕۆك سکولاریستی بووەو هیچ ئامانجێکی ئاینیی نەبووە. ئەمەش فاکتەرێکی گونجاوی بۆ بەشداربونی ئێزدییەکانو مەسیحییەکان لەبزوتنەوەی کوردایەتیدا فەراهەم کردووە.

هەرچەند یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سروشت سکولارەو لە هیچ قۆناغێکدا ئامانجە ئاینییەکان بەشێکی سیستمی فیکریی پێك ناهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتیی نیشتمانی لە هیچ دیکۆمێنتێکی فەرمیدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئاین دیاری نەکردووە. دیکۆمێنتە پەسندکراوەکانی کۆنگرەو پلینۆمەکانی یەکێتیی نیشتمانی، لەم بارەیەوە وردەکارییەکی زۆریان تێدا بەدی ناکرێ.

لە هەردوو بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم (١٩٩٢) و کۆنگرەی دووەم (٢٠٠١) هیچ ئاماژەیەکی راستەوخۆ بۆ سکولاریزم وەك ئامانج نیە. بەڵام بەرنامەی پەسندکراوی

کۆنگرەی یەکەم قەدەغەکردنی «چەوسانەوەی ئاینی»ی بە یەکێ لە ئامانجەکانی حزب داناوە. بەرنامەی پەسندکراوەی کۆنگرەی دووەمیش پشتگیریی ئازادیی ئاینیو مەزهەبیی کردووەو پەیڕەوی ناوخۆش بە هەمان پێودانگی بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم، قەدەغەکردنی «چەوسانەوەی ئاینی»ی کردۆتە یەکێ لە ئامانجەکانی حزب. هەردوو کۆنگرە لە دیکۆمێنتەکانیاندا پشتگیریی جێبەجێ کردنی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤیان کردووە کە روخسارێکی سکولاریستی بەسەر ناوەڕۆکیدا زاڵە.

یەکەم ناوهێنانی سکولاریزم لە دیکۆمێنتێکی فەرمیدا بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەگەڕێتەوە، کاتێك بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم دانی بەوەدا نا کە سیستمی سکولار یەکێ لە ئامانجەکانی حزبە. لەم دیکۆمێنتەدا دوو جار ناوی سیستمی سکولار هاتووە. لەپاڵ ئەمەدا، دیکۆمێنتەکە هەڵاوێردنی ئاینیو مەزهەبیی قەدەغە کردووەو جەختی کردۆتە سەر ئازادیی ئاینیو مەزهەبی. سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە، بە بەراورد لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمو دووەم، بە هەنگاوێکی پێشکەوتوتر دادەنرێت، لە بەرنامەکەدا هیچ پەرەگرافێکی سەربەخۆ بۆ سکولاریزم تەرخان نەکراوەو وەك پرنسیپێکی سەربەخۆ باس نەکراوە، بەڵام هەر لەو دیکۆمێنتەدا جارێکی تر جەخت کراوەتە سەر پێویستیی جێبەجێ کردنی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ.

سکولاریزم یەکێ لەو بابەتانەیە کە دامەزراوە رۆشنبیرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی داوەو چەندین وتارو لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە بڵاوکردۆتەوە، بەتایبەتی لە دوتوێی گۆڤاری «ڕێبازی نوێ»و رۆژنامەی «کوردستانی نوێ»و بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران.

بە شێوەیەکی گشتی، هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرامبەر بەئاین و سکولاریزم، خۆی لە چەند پرنسیپێکدا دەنوێنێ کە لەدوتوێی دیکۆمێنتێکی سەربەخۆدا دانەڕێژراون. بەڵام بەکردەوە ئەو پرنسیپانە بەم جۆرەی خوارەوە گوزارشتیان لەخۆیان کردووە:

١-پەسندکردنی ناوەڕۆکی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤو کۆشش بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافی مرۆڤ.

٢-هاووڵاتییان لە بەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ جیاوازی لە سۆنگەی ئاینو مەزهەبەوە.

٣-ئازادیی ویژدان و پەرستن و بیروباوەڕی ئاینیو مافی پەیڕەوکردنی ڕێو رەسمی ئاینی پارێزراون.

٤-پابەندبون بەجێبەجێ کردنی رێنماییەکانی پەرستن بەشێکی ئازادیی تاك پێکدێنێ.

٥-سەرزەنشت کردنی هەر سوکایەتی کردنێك بەئاین و مەزهەبەکان.

٦-رێزگرتن لە پیاوانی ئاین کە توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا پێکدێنن.

٧-سەرزەنشت کردنی توندڕەویی ئاینیو بەرپەرچدانەوەی تەکفیرو بەکارهێنانی ئاین بۆ پاکانە کردن بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستیو پاکتاوی ئاینیو مەزهەبی.

٨-رەتکردنەوەی هەر هەوڵێك بۆ بەئیسلامکردنی کۆمەڵگا لە رێی زەبروزەنگەوەو بەزۆر سەپاندنی ئەجندای ئاینیو شێوازی ژیانی ئاینی بەسەر هاووڵاتییاندا.

٩-مافی بون بە ئەندام لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو وەرگرتنی پلەو پۆستی

شیاو بۆ هاوولاتییانی مەسیحیو ئێزدی پارێزراوە.

١٠-نابێ شوێنەکانی پەرستن بۆ کاروباری سیاسیو بانگەشەی حزبایەتی بەکار بهێنرێن.

پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەم، بە هەمان شێوەی پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم، سیستمی سکۆلاری وەك یەکێ لە ئامانجە گشتییەکانی حزب ناساندووە و دژی جیاکاریی ئاینی و ئاینزایی وەستاوەتەوە و هەروەها بە هەمان شێوە پابەندبونی خۆی بە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ دوپات کردۆتەوە کە تێیدا بەشێکی گرنگی تێڕوانینی سکولارییانە رەنگی داوەتەوە، هەروەك پشتگیریی لە «مافە دەستورییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزاییەکانی کوردستان و عیراق» کردووە.

بە هەمان پێودانگ، پرۆگرام پشتیوانیی لە دەستورێکی «مەدەنی» بۆ کوردستان کردووە. ئاشکراشە کە دەستوری مەدەنی لە هەموو دەستورەکانی تر زۆرتر لە سکولاریزمەوە نزیکە و تێیدا هاوولاتییان، لەسەر بنەمای مەدەنی و ئازادی و هاوکاری و یەکسانی، رێساکانی پێکەوە ژیانی خۆیان رێکدەخەن. دەستوری مەدەنی بەرهەمهێنەری دەوڵەتی مەدەنییە کە دەوڵەتێکە، بە یەکسانی، مامەڵە لەگەڵ هەموو هاوولاتییەکانی دەکات بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئاینی، لەسەر بنەماکانی ئاشتی و لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن دادەمەزرێ، تێیدا ئاین تێکەڵ بە سیاسەت ناکرێ و دەوڵەت لە روی ئاینییەوە بێلایەنە، نە دژایەتیی ئاین و دینداران دەکا و نە ئاین رەت دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا روخسارێکی ئاینی بە دەوڵەت نادا و خەمە سەرەکییەکەی، دابینکردنی ئازادی و یەکسانی و دەستاودەست کردنی دەسەڵاتە بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

## سلێمان عارەب ئیسماعیل*



کادیری عەسکەری. ناسراو بە مەلا سلێمان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی دەربەندی گۆمی سیانان لە بناری زورگەزراو. لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش بوو. لە خوێندنگەی گوندەکەی خۆی دەستی بەخوێندن کردوە، بەڵام کاتێك لە ساڵی ١٩٦٣دا بەعسییەکان کودەتایان کردو دەسەڵاتیان گرتە دەست و میلیشیای حەرەس قەومییان پێك هێنا، گوندەکەیان کەوتە بەر شاڵاوی حەرەس قەومییەکان، ماڵی هاوولاتییەکانی تاڵان کرا و پاشانیش ئاگری تێبەر درا. بەناچاری، خێزانەکەی رووی لە هەولێر کردو هەر لەوێ نیشتەجێ بوو. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی لە هەولێر تەواو کرد.

ساڵی ١٩٦٩، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا، تێکەڵ بەخەباتی کوردایەتی بوو، لەگەڵ یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا چالاکانە کەوتە کار. ساڵی ١٩٧٤ لە کاتێکدا کە لەپۆلی سێی ئامادەیی کشتوکاڵی ئەسکی کەڵەك بوو، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی بەعسدا، یەکسەر وازی لەخوێندن هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە تۆپخانەی شۆڕش خزمەتی کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێرو درێژەی بە خوێندن دا.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو هەڵسوڕانێکی گەرم و گوڕی لە خەباتی نهێنیدا دەست پێکرد. ساڵی ١٩٧٩

بووە ئەندامی لیژنەی ڕێکخستن لە هەولێر. دوای ئاشکرابوونی شانەیەکی کۆمەڵە، دەستگیر کرا و خرایە ژێر ئەشکەنجەیەکی زۆرەوە، بەڵام هیچی نەدرکاندو خۆی ڕاگرت. لە مانگی تەموزدا بەر لێبوردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا.

دوای ماوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتیی سەرژمێری هەولێر دامەزراو دواتریش دەستی بەکاری ڕێکخستن کردەوە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. دوای دامەزراندنی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، بووە فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپەکە. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٥ لە شەڕی دابان- هەلاج بە سەختی بریندار بوو و بۆ چارەسەر ڕەوانەی ئێران کرا. لە مانگی ئابدا گەڕایەوە سنوری مەڵبەندی ٣ی یەکێتی و دەستی بە هەڵسوڕانی پێشمەرگایەتی کردەوە. ساڵی ١٩٨٧ لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کرایە جێگری فەرماندەی تیپ.

دوای شاڵاوەکانی ساڵی ١٩٨٨ی ئەنفال، لەگەڵ ئەو ڕەتڵەی پارتیزانەکان کە ڕەفعەت عەبدوڵلا پیرداوود (ڕێباز) سەرکردایەتیی دەکرد، دابەزی بۆ ناوچەکانی هەولێرو لە مانگی ئەیلولی ساڵی دواتردا گەڕایەوە سەر سنور. لە ١٤ی تەموزی ١٩٩٠دا، بووە فەرماندەی بەتالیۆنی ٨ کە تازە دامەزرابوو.

وەك ئامادەکارییەك بۆ ڕاپەڕین، لە مانگی شوباتی ١٩٩١دا خۆی گەیاندە ناوچەی بەڕانەتی و لە ١١ی ئازاردا چووە ناو شاری هەولێرو بە هاوکاریی شانە چەکدارەکانی بروسك بەشداریی لەڕزگارکردنی شاری هەولێردا کرد. لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی کەرکوکیشدا، ڕۆڵێکی کارای گێڕا، بەتایبەتی لە شەڕەکانی ناو کەرکوك.

دوای ڕاپەڕین، کرایە جێگری هێزی ١٠ی دەشتی هەولێرو بۆ ماوەیەکیش نوێنەری یەکێتی بوو لەبەرەی کوردستانی لە هەولێر. دواتر کرایە فەرماندەی هێزی ١١ی بەڕانەتی و پاشان کرایە جێگری قۆڵی هەولێر.

دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە فەرماندەی فەوجی ٢ی هێزی تایبەتی هەولێر. پاش دامەزراندنی مەڵبەندی ڕێکخستنی ئاکرێ، کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند بۆ کاروباری عەسکەری. لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆو سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامی لیژنەی ئاشتی بوو لە شاری ئاکرێ، لە شەڕێکی نابەرامبەردا لە ٥ی ئایاری ١٩٩٤ لە ئاکرێ شەهید کرا.

## سلێمان عومەر مەولود*



پێشمەرگە. ناسراو بە سولە قۆریتانی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ی گوندی قۆریتانی دەشتی شەمامك لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٦٧ خرایە بەر خوێندن و پۆلی شەشی سەرەتایی لەگوندەکەی خۆی تەواو کرد، پاشان بۆ تەواو کردنی خوێندن چوو بۆ هەولێر و لەوێ لە ناوەندیی ئازادی تا پۆلی ٢ی خوێند.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. بۆ ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٨٣ گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٢ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ. ساڵی ١٩٨٤ گوێزرایەوە بۆ دەستەی تایبەتی مەڵبەندی ٣ی هەولێر.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشدار بوو لە چەندین

شەڕو نەبەرددا وەك شەڕەكانی دەشتی هەولێر، داستانی قەیوان-ماوەت، گرتنی بازگەی هەولێر-مەخمور، گرتنی ڕەبایەكانی نێوان هەولێرو مەخمور، جگە لە ئەنجامدانی چەند چالاكییەك لە ناو شارەكانی هەولێرو موسڵ. لەو حەوت ساڵەی كە پێشمەرگە بوو چوار جار بریندار بووە.

لە ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ هاوڕێیەكی خۆی لە تیپی ٩٣ی كۆیە بە ناوی جەودەت دوبزی، هەوڵیان دا تاوەرێكی سەر ڕێی هەولێر- موسڵ بتەقێننەوە كە بۆ تەشویش خستنە سەر پەخشی رادیۆی دەنگی گەلی كوردستان لەسەر ڕێی موسڵ دانرابوو، بەڵام بە هۆی هەڵەیەكی تەكنیكییەوە كەرەستەی تەقینەوەكە بە خۆیاندا تەقییەوە و بووە هۆی شەهیدبوونی هەردووكیان.

## سلێمانی (تیپ)

تیپی ٣٣ ی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٢ دوا بە دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەكان و كاركردن بە سیستمی تیپەكان، دامەزراوە. یەكێ لەو سێ تیپەیە كە پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی ٣ ی شارباژێڕ، لە سنوری هەرێمەكە پێك هێنراوە، هەروەك یەكێ لەو تیپانەشە كە سەر بە مەڵبەندی یەك بووە.

سنوری چالاكیی تیپەكە قەڵەمڕەوێكی فراوانی گرتۆتەوە كە لە لایەك لە دەوروبەری بەرزنجەوە تا دەوروبەری چوارتا درێژ بۆتەوەو لە لایەكی ترەوە دەوروبەری شاری سلێمانیی گرتۆتەوە. هەروەك بەشێكی دۆڵی مێرگەپان و تەواوی ناوچەی شارباژێڕی تەختی گرتۆتەوەو لە سنوری شاری پێنجوێن نزیك بۆتەوە. ئەم سنورە لە زۆر شوێندا تێكەڵ بە سنوری تیپەكانی تر بووە. بۆیە زۆر جار تیپەكانی سنورە هاوبەشەكان چالاكیی هاوبەشیان ئەنجام داوەو ئاستێكی بەرزی هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبووە. لەم قەڵەمڕەوەدا شاری سلێمانی كەوتۆتە سنوری چالاكیی تیپەكە. ئەم جوگرافیایە بایەخێكی تایبەتی بۆ تیپەكە دروست كردووە.

تیپەكە بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە. لە قۆناغی یەكەمدا بە ناوی تیپی ٣٣ ی سلێمانییەوە ناسراوە و سنوری چالاكییەكانی تەنگەبەرتر بووە. ئەم قۆناغە لە هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی ٣ ی شارباژێڕو پێكهێنانی تیپی ٣٣ ی سلێمانییەوە دەست پێ دەكاو ماوەی نێوان ساڵەكانی ١٩٨٢-١٩٨٥ دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا تیپەكە سێ فەرماندەی هەیە. ساڵی ١٩٨٢ ئاوات قارەمانی وەك یەكەم فەرماندەی تیپە تازە پێكهێنراوەكە فەرماندەیی تیپەكەی گرتە ئەستۆو بەهادین ئەحمەد حەسەن ناسراو بە وەهابی شارباژێڕ كرایە جێگری. هەر ئەو ساڵە، بەهادین ئەحمەد حەسەن كرایە فەرماندەی تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون و لەم سەروبەندەدا شۆڕش ئیسماعیل وەك جێگری فەرماندەی تیپی ٣٣ ی سلێمانی چووە جێگاكەی. پاش پێكهێنانی تیپی ٥٧ی سەگرمە، بەهادین ئەحمەد حەسەن لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون گوێزرایەوە بۆ سەگرمە و لێپرسراوەتیی فەرماندەیی تیپی ٥٧ ی سەگرمەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٣ ئاڵوگۆڕ لە فەرماندەی تیپەكاندا كرا. قارەمانی بۆ فەرماندەیی تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون گوێزرایەوەو بەهادین ئەحمەد حەسەن لە فەرماندەیی تیپی ٥٧ ی سەگرمەوە بۆ فەرماندەیی تیپی ٣٣ی سلێمانی گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٤ لە ئاڵوگۆڕی فەرماندەكاندا عەلی چوارتایی بۆ سنوری سلێمانی گوێزرایەوەو كرایە فەرماندەی تیپی ٣٣ ی سلێمانی. پاش شەهیدبونی لە شەڕێكدا لەگەڵ هێزەكانی عیراق لە پیری شەوكێڵ لە سنوری چوارتا لە ساڵی ١٩٨٥، بڕیار درا تیپی ٣١ ی پێنجوێن هەڵبوەشێنرێتەوەو تێكهەڵكێشی تیپی ٣٣ ی سلێمانی بكرێ. بەم پێیە،

تیپی ٣٣ ی سلێمانی و تیپی ٣١ ی پێنجوێن لێك دران، لە هەردوکیان یەك تیپ بە ناوی تیپی ٣١ ی سلێمانی پێك هێنرا. لەم سۆنگەیەوە سنوری چالاکیی تیپە تازەکە سنوری هەردوو تیپی ٣٣ ی سلێمانی و ٣١ی پێنجوێنی گرتەوە. بە تێکهەڵکێشبونی هەردوو تیپ، قۆناغی دووەمی تیپەکە دەست پێدەکا.

لەم قۆناغەدا کە ماوەکەی کەوتۆتە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٩، تیپەکە پێنج فەرماندەی هەبوو. پاش تێکهەڵکێش کردنی هەردوو تیپ، فەرماندەیی تیپە لێکدراوەکە بە جەلال محەمەد محێدین ناسراو بە جەلال حەمەی محە سپێردرا. بەم پێیە، جەلال محەمەد محێدین یەکەم فەرماندەی تیپەکەیە لە قۆناغی دووەمیدا و چوارەم لە ریزبەندیی گشتیدا. بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ئاڵای شۆڕش لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جەلال محەمەد محێدین دایە پاڵ گروپی ئاڵای شۆڕش، لە لێپرساوەتی دور خرایەوەو هەڵۆ ئەحمەد کوردە لە تیپی ٢٣ ی سورداشەوە بۆ سنوری سلێمانی گوێزرایەوەو فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٨٧ دا شۆڕش ئیسماعیل لە پیرەمەگرونەوە گوێزرایەوە و فەرماندەیی تیپی ٣١ ی سلێمانیی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٨ پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، بارەگای تیپەکە بۆ گوندی بلەکێ لەسەر سنوری عیراق-ئێران گوێزرایەوەو لەوێ دەست بە رێکخستنەوەی کرا. لەو ماوەیەدا عەبدوڵلا قادر حەمەلاو ناسراو بە عەبە رەق فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ.

هەندێ لە کادیرەکانی تیپەکە لە قۆناغی جیاجیادا لە ئێران بەشدارییان لە خولی عەسکەریدا کردووە لەوانە خولی مەشق و راهێنان لەسەر بەکارهێنانی موشەکی دژە تانکی مالۆتکا لە ئەهواز لە ساڵی ١٩٨٧ و خولی فەرماندەیی لە تاران لە ساڵی ١٩٨٨.

تیپەکە لە هەردوو قۆناغدا چەند جێگرێکی فەرماندەی تیپی هەبوە لەوانە بەهادین ئەحمەد حەسەن ناسراو بە وەهابی شارباژێڕ، شۆڕش ئیسماعیل، حەمە عەلی بەرزنجی، ئازاد دەرەمیانەیی کە هەندێکیان لە دواییدا بونە فەرماندەی تیپەکە. هەروەها تیپەکە ژمارەیەکی زۆر فەرماندەی کەرتی هەبوە لەوانە عەلی رەشید، جەمال پێنجوێنی، عەبدوڵلا قادر حەمە لاو ناسراو بە عەبە رەق، سالار قادر.

تیپی ٣١ ی سلێمانی لە هەردوو قۆناغدا رۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا هەبووە و بە یەکێ لە تیپە بەهێزەکان دەژمێردرێ. تیپەکە بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکی و ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان (١٩٨٢)، شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، ئۆپەراسیۆنی گرتنی قەرەداغ (١٩٨٧)، ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری (١٩٨٧)، شەڕەکانی دۆڵی جافەتی (١٩٨٨) و بەشێکی زۆری چالاکی و شەڕەکانی ناو شاری سلێمانی.

بابەتی پەیوەندیدار:

*بەرزنجە (تیپ).

*پێنجوێن (تیپ).

## سلێمانی (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لە ناو شاری سلێمانی لە ١٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠. مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ بەشەو دزەی کردە ناو شارو لە نزیك ماڵی پارێزگاری سلێمانی بە چەکی ئار بی جی و کلاشنکۆف لە زیلێکی هێزەکانی مەنسوری دا. ئۆپەراسیۆنەکە بووە مایەی کوژرانی ١٩ سەرباز کە لە ناو زیلەکەدا بوون.

هەر ئەو شەوە، پێشمەرگەکان لە کاتی کشانەوەیان تووشی هێزێکی کۆماندۆ بوون و دایانە بەر ئاگری گوللەکانیان و ٤ سەربازیان لێ بریندار کرد. مەفرەزەکە توانی بەسەلامەتی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی سوپای عیراق.

## سلێمانی (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هاوبەشە لە ناو شاری سلێمانی کە مەفرەزەیەکی کەرتی ٣ی تیپی تایبەتی مەڵبەندی ٢و مەفرەزەیەکی تیپی ٣٣ی سلێمانی لە شەوی ٢٣ لەسەر٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣ ئەنجامیان داوە. مەفرەزەکەی کەرتی ٣ کە لە ١٠ پێشمەرگە پێکهاتبوو، لە شەقامی مەولەوی بۆسەی نایەوە. دوو ئۆتۆمبێلی سەربازی کەوتنە ناو بۆسەکەوە و درانە بەر دەستڕێژی گوللە. پێشمەرگەکان لە کشانەوەدا لە شەقامی خانەقا کەوتنە ناو بۆسەیەکی سەربازی، بەڵام توانییان بۆسەکە بشکێنن.

پاشان لەگەڕەکی خەبات مەفرەزەکە لەگەڵ مەفرەزەیەکی تیپی ٣٣ی سلێمانی یەکی گرتەوەو بە هەردووکیان بەکلاشنکۆف و چەکی ئار بی جی بنکەیەکی جەیش شەعبییان دایە بەر دەستڕێژی گوللەو دواتر بەرەو گوندی وێڵەدەر کشانەوە.

دوژمن ١٨ کوژراوو ٢١ برینداری هەبوو. هێزی پێشمەرگە بێ زیان بوو.

## سلێمانی (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی تیپی ٥٥ی قەرەداغە لە ناو شاری سلێمانی. شەوی ٧ لەسەر ٨ی حوزەیرانی ١٩٨٦ مەفرەزەیەکی سەر بە تیپی ٥٥ ی قەرەداغ چووە ناو شاری سلێمانی بۆ ئەنجامدانی چالاکی. بەڵام بەر لەوەی بگاتە ئامانجی دیاریکراو، مەفرەزەکە کەوتە بۆسەی جاشەوە.

شەڕ زیاد لە سێ سەعاتی خایاندو بووە مایەی کوژرانی زێدەتر لە دە جاش. لە هێزی پێشمەرگە ٦ شەهید هەبوو بە ناوی هەژار محەمەد عەلی، شازاد محەمەد قادر، موکەڕەم محەمەد رەشید، جەمال قادر سەعدون، جاسم میرزا محەمەدو حسێن کەریم محێدین.

## سلێمانی (شەڕ)

شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگە بە پاڵپشتی جەماوەری شاری سلێمانیو هێزەکانی عیراق لە ناو شاری سلێمانی لە ١٨ی تەموزی ١٩٩١. ئەگەرچی ئەو ماوەیە ماوەی وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق بوو، بەڵام هێشتا ئاشتییەکی سەقامگیر لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە ئارادا نەبوو. سەرەتا شەڕو پێکدادان لە سەعات ٩دا لە نزیك سەربازگەی سارداو لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق رویدا. لە ئاکامدا دانیشتوانی گەڕەکەکانی کارێزە وشك و زەرگەتەو زەرگەتەی کۆن پشتگیریی هێزی پێشمەرگەیان کردو دژی هێزەکانی عیراق وەستانەوە.

سەعات ١٠ پێشمەرگەکانی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەك بە فەرماندەیی سامی جەمال قەرەداغی دەستیان بەسەر زۆربەی مۆڵگەو سەنگەرەکانی سوپای عیراقدا گرت لە شەقامی سالم. هێزەکانی عیراق هانایان بۆ بەکارهێنانی تانك برد. لەو شەڕانەدا ژمارەیەك تانك تێك شکێنران

و ژمارەیەکیش هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەردا گرتن. لەم سەروبەندەشدا مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە سەرپەرشتیی هەڵۆ ئەحمەد کوردە و نەبەز ئەحمەد کوردە بە هانای تیپی تایبەتی مەڵبەندەوە چوو. دواتریش، هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بەشداریيەکی کارایان لە یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی شەڕەکەدا کرد.

نیوەڕۆ، هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر بارەگای لیواکەی شەقامی سالمدا گرتو ژمارەیەکی زۆر سەرباز بەدیل گیران. تا ئێوارە هێزی پێشمەرگەو جەماوەری سلێمانی پێکەوە سلێمانییان لەهەموو بنکەو بارەگاکانی سوپای عیراقو سەرای پۆلیسی سلێمانی پاك کردەوە. هێزەکانی عیراق بۆ سنوری تاسلۆجە پاشەکشەیان کرد.

ڕۆژی دواتر، هێزەکانی عیراق هیچ هەوڵێکیان بۆ پێشڕەوی کردن بەرەو شاری سلێمانی نەدا. دواتر، لیژنەیەکی باڵا بەسەرپەرشتیی عومەر عەبدوڵڵای ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سالار حەفیدی لێپرسراوی لیژنەی هەماهەنگیی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق لە سلێمانی، لەگەڵ چەند نوێنەرێکی هێزەکانی عیراق لە بارەگای لیژنەی هەماهەنگی کەوتنە وتوویژ بۆ رادەست کردنی سەربازە دیلەکان و تانك و زرێپۆشە گیراوەکان و بردنەوەی زرێپۆش و تانکە تێکشکێنراوەکان.

لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە چەند شەهیدو بریندارێکی هەبوو. دوا بەدوای شەڕەکە، بارەگای لیواکەی سلێمانی لە شەقامی سالم کرایە بارەگای مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانیو کۆمیتەکانی ١ و ٢ی رێکخستن کە پێشتر بارەگاکانیان لە سنوری قەڵاچوالان و خێوەتە بوو.

## سماقوڵی (شەڕ)

شەڕی دوانزە ڕۆژەی سماقوڵی، شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندی ٣و هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە٥ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧ لەگوندی سماقوڵی. پاش پەرەسەندنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە دەڤەرەکە، بەتایبەتی چالاکییەکانی گرتنی تەقتەقو دێگەڵەو کەرتی ئەبو جەعفەری مەنسور، وەزارەتی بەرگریی عیراق بە هەماهەنگیی لەشکری پێنج نەخشەی بۆ گرتنی بارەگای سەرەکیی مەڵبەندی ٣ لەگوندی سماقوڵی دانا و وەزیری بەرگری عەدنان خەیروڵڵا تلفاح خۆی سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی نەخشەکەی کرد.

بۆ مەڵبەندی٣، کاتی دەستپێکردنی هێرشەکە زۆر نالەبار بوو چونکە مەڵبەند هیچ ئامادەکاریی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی بەربڵاو نەکرد بوو، جگە لەوەی کە زانیاریی پێویست سەبارەت بە خۆ ئامادەکردنی هێزەکانی عیراق بۆ هێرش کردنە سەر مەڵبەند زۆر درەنگ گەیشتە مەڵبەند. لەو کاتەدا مەڵبەند تەنها هێزەکانی سەر بەتیپی مەڵبەندو تیپی ٩١ی سەفینو تیپی ٨٥ی بەڕانەتیو مەفرەزەکانی سەر بە رێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی لێ بوو کە ژمارەیان بە بەراورد لەگەڵ هێزەکانی لەشکری پێنجی سوپای عیراق زۆر کەم بوو. تیپەکانی ١٢ی سۆران و ١٩ی کۆڕەك و ٨٣ی هەوریو ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ لە ناوچەکانی خۆیان بونو دەرفەتی ئەوەیان نەبوو پێش دەستپێکردنی هێرشی هێزەکانی عیراق بگەنە مەڵبەند.

هێرشی هێزەکانی عیراق بە تۆپباران و موشەکباران کردنی ناوچەکە دەستی پێ کرد. کۆسرەت رەسول عەلی، لێپرسراوی مەڵبەند، سەرپەرشتیی ئۆپەراسیۆنی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکەی کرد و

هێزەکانی بەسەر سێ قۆڵدا دابەش کرد: هێزەکانی تیپی ٩١ی سەفین بە فەرماندەیی سەفین مەلا قەرە لە قۆڵی چیای سەفین، هێزەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بە فەرماندەیی تەحسین کاوانی لە قۆڵی زیارەت و هێزەکانی مەڵبەند و ڕێکخراو بە فەرماندەیی خۆی لە قۆڵی بنەباوێ جێگیر کرد.

هێرشەکانی لەشکری پێنجی عیراق کە بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەرو ژمارەیەکی زۆری جاش ئەنجام دران، هەموی بەرپەرچ درانەوەو بە هیچ سەرەنجامێك نەگەیشتن. پاش ئەوەی هێزێکی پشتیوان لە لایەن پارتی کۆمۆنیستی عیراقو حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە بۆ بەرەکانی شەڕ نێردرا، ژمارەی هێزی پێشمەرگە گەیشتە دەوروبەری ٤٠٠ پێشمەرگە. لە ڕۆژی دووەمی شەڕەکە بە دواوە، وردە وردە هێزەکانی سەر بە تیپەکانی ١٢ی سۆران و ١٩ی کۆڕەك و ٨٣ی هەورێو ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ گەیشتنە ناوچەکەو بەسەر بەرەکانی چیای سەفین و سوسێ و بنەباوێدا دابەش کران.

شەڕ ١٢ ڕۆژی خایاند، هێزەکانی عیراق هیچ ئامانجێکیان نەهێنایە دیو پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کوژراوو برینداریان لێ کەوت، بە شکاوی گەڕانەوە. هێزی پێشمەرگە ١١ شەهیدی هەبوو لەوانە عومەر حەمەد عەلی ناسراو بە دەشتی جێگری فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و ڕەئوف سەعید عومەر حەسەن ناسراو بە ڕەئوف نێرەگینی جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

## سماقە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو نێوان هێزێکی گەورەی سوپای عیراقو جاشەکان لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٥ لەگوندی سماقەی دۆڵی سماقوڵی لە پارێزگای هەولێر.

بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵاتندا چوار فڕۆکەی جۆری هەنتەر کەوتنە بۆردومان کردنی گوندی سماقە کە مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەی لێ بوو. مەفرەزەکە بەسەر دوو قۆڵدا دابەش بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی چاوەڕوانکراوی پیادە، بەتایبەتی کە هێزی پێشمەرگە زانیاریی پێ گەیشتبوو کە هێزێکی گەورەی سوپای عیراق و جاشەکان لە تەقتەق مۆڵ دراوەو خۆی بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکە ئامادە کردووە.

فڕۆکەکان تا سەعات ١١ بۆردومانی گوندەکەیان کردو دوا بەدوای بۆردومانەکە هێرشی پیادە لەگەروی فاق بۆ سەر گوندەکە دەستی پێ کرد. هێزەکەی دوژمن لە فەوجێکی سوپا و ٩ فەوجی جاشەکان و ١٠ تانك پێکهاتبوو، شۆفلێکیشی لەگەڵدا بوو بۆ تەخت کردنی گوندەکە.


شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا، هێرشەکانی سەربازو جاش بەرپەرچ درانەوەو لە هەندێ قۆناغدا شەڕی دەستەویەخە لە ناو گوند رویدا. ئێوارە هێزەکانی سوپاو جاشەکان، دوای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر کوژراوو برینداریان لێ کەوت، کشانەوە. پێشمەرگەکانیش گوندەکەیان بەجێ هێشت و چونە گوندی ئیلنجاغ و لەوێوە رویان کردە هەڵەتەکانی داربەسەر.

بەیانییەکەی، هێزەکانی عیراق هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر گوندەکە، سوتاندیان و دانیشتوانەکەیان ئاوارە کرد.

لەم شەڕەدا لاشەی دەیان سەربازو جاش لە مەیدانی شەڕ بەجێ مان و تانکێك و شۆفلێك تێکشکێنران. هێزی پێشمەرگە شەهیدێکی بە ناوی قاسم مەلا محەمەدی نێرەنگینو چەند برینداری‌کی هەبوو.

لە هاوولاتییانی گوندەکەش ژنێك بە موشەکی فڕۆکەکان شەهید بوو.

## سمایل وەرتی*



فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی سمایل حاجی حاجی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی وەرتێی دامێنی چیای کاروخ. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق، بووە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی تایبەت. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە زێدی خۆی. ساڵی ١٩٧٦ پشتیوانیی لە پرۆژەی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش کرد و لە مەفرەزە سەرەتاییەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی بینی.

ساڵی ١٩٧٧، دوا بەدوای ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە، کرایە فەرماندەی مەفرەزەو لێرە بەدواوە پلە بە پلە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا گەشەی کردووە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٨٢ ئەندامی کۆنفرەنسی دووەم و لە ساڵی ١٩٨٤دا ئەندامی کۆنفرەنسی سێیەم بوو. هەمان ساڵ کرایە فەرماندەی کەرت و هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی تیپی ٧٣ی قەندیل. پاشان فەرماندەیی تیپی ١٩ی کۆڕەکی پێ سپێردرا و دواتریش کرایە فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەك.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ژمارەیەکی زۆر شەڕو نەبەردی کردووە لەوانە شەڕەکانی گردە سماق، کانی شیلان، ئاوەسپی، وەرتێ، سێکانیان، کونە کۆتر و ئۆپەراسیۆنەکانی قەیوان . ماوەت (١٩٨٦) و داستانی رزگاری (١٩٨٧)و لە کاتی شالاوی ئەنفالەکاندا لە شەڕەکانی گەروی مەنجەڵ، هەڵەموند، گەرەوان، قەندیل بەشدارییەکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا کردوە.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ڕۆڵێکی دیاری لە رزگارکردنی شارەکانی رانیەو شەقلاوەو هەولێر و کەرکوکدا گێڕا. پاش ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٣٤ی هەڵەموند. پاشان کرایە فەرماندەی هێزی ٣٧ی کاروخ و لە ساڵی ١٩٩٣دا کرایە فەرماندەی هێزەکانی سنور لە قەڵەمڕەوی دەسەلاتی دیاریکراوی هێزەکانیدا.

لە ٢ی ئایاری ساڵی ١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا بە سەختی بریندار بوو. لە ٢٢ی هەمان مانگ لەنەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر لە سۆنگەی سەختیی برینەکانییەوە شەهید بوو.

## سمکۆ دزەیی



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی ئیسماعیل تاهیر مەحمود کاکەخان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی پالانی لە سنوری ناحیەی قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لەگوندی گردمەلاو ناوەندیو ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٨ لە کۆلیجی پۆلیس لە بەغدا وەرگیراوەو ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی تەواو کردووەو بووەتە ئەفسەری پۆلیس.

ساڵی ١٩٧٤ لە سەروبەندی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە سەر پیشەکەی خۆی وەك ئەفسەری پۆلیس بەڵام زۆری نەبرد ئەرکی مەدەنیی پێ سپێردراو کرایە کارمەندی فەرمانگەی ئاوو ئاوەڕۆو بۆ شاری سیماوەی باشوری عیراق دور خرایەوە.

ساڵی ١٩٧٨ وازی لە پۆستەکەی هێنا، گەڕایەوە هەولێرو دەستی بە کاسبی کرد. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. لە ساڵی ١٩٨١دا لە گوندی بالیسان لەگەڵ مولازم خولە عەزیز فەرحان پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لەوێوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی لە ناوزەنگ بەڕێ کرا. هەر ئەو ساڵە لە ناوزەنگ لێپرسراوەتیی هێزی پاراستنی بارەگای تاڵەبانیی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکانو پێکهێنانی تیپەکاندا، فەرماندەیی تیپی ٩٠ی کۆیەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٣ پاش پێکهێنانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، کرایە یەکەم فەرماندەی تیپەکە. هەر ئەو ساڵە تیپەکە بەشدارییەکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی بێتواتەدا کرد. ساڵی ١٩٨٤ کرایە لێپرساوی عەسکەریی مەڵبەندی ٣ لە بالیسان.

ساڵی ١٩٨٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو لە ڕێی ئێرانەوە چوو بۆ ئەڵمانیا و لەوێ گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٧ بووە لێپرساوی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانی لەئەڵمانیا.

سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ کوردستان و هەر ئەو ساڵە، پاش پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم، کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر و لە ساڵی ١٩٩٤دا کرایە بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەرێم.

لە ساڵی ١٩٩٦دا دوا بەدوای گەلەکۆمەکێی پارتی دیموکراتی کوردستانو حکومەتی عیراق لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێرشی هاوبەشیان بۆ سەر هەولێر، دەستگیر کر او خۆی و دکتۆر فوئاد مەعسومی یەکەم سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پیرمام دەستبەسەر کران. پاش ٣٥ ڕۆژ، هەردوکیان ئازاد کران و لەوێوە چون بۆ ناوزەنگ کە بارەگای تاڵەبانیی لێ بوو.

پاش بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانیان لە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە، کرایە پارێزگاری هەولێر لەکۆیە. دواتریش، پاش پێکهێنانی هێزی پاراستنی ئاشتی (PMF) بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە، کرایە لێپرساوی لیژنەی هەماهەنگیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ PMF.

ساڵی ٢٠٠٠ گوێزرایەوە بۆ فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەو لەوێ کرایە ئەندامی دەستەی کارگێڕی فەرماندەیی گشتیو سەرۆکی ستادی هێزی پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی سەرەکیی لە دیسپلیندارکردنی هێزی پێشمەرگەدا گێڕاوە.

ساڵی ٢٠٠٣ لە چوارچێوەی پرۆسەی هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا بۆ روخاندنی رژێمی بەعس، ئەرکی هەماهەنگیی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا لە کەرکوك پێ سپێردرا.

لە یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ لە تەقینەوە تیرۆریستییەکەی بارەگای مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر، بە سەختی بریندار بوو و بۆ چارەسەر برایە ئەڵمانیا.

پاش ڕێککەوتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر زیندوکردنەوەی ڕۆڵی پەرلەمان کرایە ئەندامی پەرلەمان لە خولی گواستنەوەدا. ساڵی ٢٠٠٩ خانەنشین کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* بەڕانەتی (تیپ).

* کۆیە (تیپ).

## سمکۆ قادر نەبی بڵباس



ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی کانی قرژاڵەی نزیك شاری هەولێر. خوێندنی قۆناغی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٨٠ لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٧٣دا بۆتە لێپرسراوی خوێندکارانی ئامادەیی سەیداوەو لەم سەروبەندەشدا بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ساڵی ١٩٧٨دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد. لە ساڵی ١٩٧٩دا وازی لە بزوتنەوەی سۆشیالیست هێناو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی هێڵی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٨١ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردو لە ناوزەنگ لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری لەدەستەی ئەندامی مەکتەبی عەسکەری مەجید حسێن مورسیل زەمان ناسراو بە سەید مەجید بووە پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٨٢دوا بە دوای یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانو هێڵی گشتیو پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بووە ئەندامی ڕێکخراوە تازەکەو کرایە ئەندامی ناوچە. لە ساڵی ١٩٨٧دا بووە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٧ی قەرەچوخ. لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە چەندەها شەڕو ئۆپەراسیۆنی گەورەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە (١٩٨٣)، لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك (١٩٨٦)، داستانی رزگاریو گرتنی دێگەڵە و تەقتەق (١٩٨٧)، سەرباری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناو شاری هەولێرو لەم سەروبەندەدا سێ جار لە شەڕەکاندا بە سەختی بریندار بووە.

ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا. پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی هێزی ٨ی بیتوێن. لە ساڵانی دواتردا چەند لێپرسراوەتییەکی وەرگرت وەك فەرماندەی بەتالیۆنو لەشکرو کارگێڕی بەدواداچونی گشتی لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ٢٠٠٠ کۆلیجی سەربازیو ساڵی ٢٠٠٤ بەشی فەرماندەیی کۆلیجی ئەرکانی تەواو کردو ماوەیەکیش بووە بەڕێوەبەری ئیدارەی پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگەو پلەی لیوای بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

## سمکۆ هەڵمەت



پێشمەرگەی دێرین و کادیری بواری ڕێکخستنو پەیوەندییە گشتییەکان. ناوی تەواوی سمکۆ محەمەد سەعید. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٥ی شاری هەولێر. ساڵی ١٩٨٤ ئامادەیی پیشەسازیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٢ لە کاتی خۆپیشاندانەکانی بەهاردا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. سێ ساڵ پاشتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە تیپی ٩١ی سەفین ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی ١٩٨٦ بۆ بارەگای مەڵبەندی سێ لەگوندی توتمێ گوێزرایەوەو لە ساڵی ١٩٨٧دا وەك کادیر ئەرکی ڕێکخستنی لە سنوری تیپی ٧٨ی کاروخ پێ سپێردرا.

ساڵی١٩٨٨ بەشداریی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق بۆ سەر ناوچەکانی باکوری پارێزگای هەولێر کردو دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە قاسمە ڕەش گیرسایەوەو دواتر لە ناوزەنگ. بەشێکی ئەم ماوەیەشی لە شاری نەغەدەی ئێران بەسەر برد.

لە چوارچێوەی نەخشەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بوو لە ڕزگارکردنی قۆڵی سۆران- شەقڵاوە.


لە ساڵی ١٩٩١دا ڕوی کردە تورکیاو لەوێدا لە ڕێی کۆمیسیۆنەکانی پەنابەرانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە مافی پەنابەریی لە ئوستورالیا بەدەست هێنا. ساڵی پاشتر لەگەڵ پێکهێنانی کۆمیتەی ڕێکخستنی ئوستورالیادا کرایە ئەندامی کۆمیتەکەو لە ساڵی ١٩٩٦دا لێپرسراوەتیی کۆمیتەکەی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٩٩دا بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئوستورالیا و لە ساڵی ٢٠٠١دا کاتێك کۆنفرەنسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە سلێمانی بەسترا، وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی لە ئوستورالیا بەشداریی تێدا کرد.

ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ کوردستانو کرایە ئەندام لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە. ساڵی ٢٠٠٨ بۆ بۆردی پەیوەندییەکانی ئێران گوێزرایەوەو پاش سێ ساڵ گوێزرایەوە بۆ بارەگای سەرەکیی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە. ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی عەمید خانەنشین کرا.

## سناوە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لەگوندی سناوە لە چیای سەفین لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ کە تا ئێوارە درێژەی کێشا. لەو شەڕەدا هەلیکۆپتەرێك پێکرا و کەوتە خوارەوە، ٣٠ سەربازیش کوژران و بریندار بوون. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی هەبوو کە ئەمانەن: یاسین قادر کادیری یەکێتی لە ناوچەکەو جەمال ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی دکتۆر مەحمود عوسمان).

## سوارە بێستانەیی



پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی سوارە جەلال عەلی فەتاح. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی ڕەسول بچکۆلی سەر بە ناحیەی دێگەڵە لەقەزای کۆیە. ساڵی ١٩٧٩ بۆتە

پێشمەرگە لە سنوری هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر و لە ڕوی ڕێکخراوەییەوە سەر بە بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان بووە. بە هۆی جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستەوە، تا ساڵی ١٩٨٣ لە دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوە بەڵام لەو ساڵەدا گەڕایەوە ناو یەکێتی و لە کەرتی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا. ماوەیەك کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی ٤، ماوەیەکیش هەمان لێپرسراوەتیی لە کەرتی ١ وەرگرت و ساڵی ١٩٨٨ لێپرسراوەتیی کەرتەکەی پێ سپێردرا.

لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ئێران گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە ڕاپەڕیندا کرد، لە ڕانیەو کۆیەو هەولێرەوە تا کەرکوك. پاش ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ی دێدەوان. لە ساڵی ١٩٩٣دا لە تەشکیلاتی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کرایە موقەددەم لیوا. ساڵی ١٩٩٦ بووە فەرماندەی تیپ لە لەشکری ١٦ی هەولێر و لە ساڵی ١٩٩٧دا کرایە جێگری فەرماندەی هێز. دوا پلەی لە هێزی پێشمەرگەدا سەرلەشکر بووەو دواتر بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٣ جار بریندار بووە، لە بیرەباتی کەندیناوە و شاقازی سنوری ناوچەی مەنتکایەتی و دۆڵە بەکرەی نزیك قوشتەپە. بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی بەستی شەرغە، بێستانەی بچوك، لە تیفاوە، دۆڵە بەکرە، بازگەی مەخمور، خوڕخوڕو ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی دابان-هەلاج (١٩٨٥)، لێدانی دامودەزگا نەوتییەکانی کەرکوك و گرتنی دێگەڵە (١٩٨٦)، شەڕی دوانزە ڕۆژەی سماقوڵی (١٩٨٧)، گرتنی سەری ڕەش و بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال بۆ سەر دۆڵی جافەتی (١٩٨٨).

## سوارە ڕەسول ئیسماعیل



کادیر و پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بەپێشڕەو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری سلێمانی. دەرچوی ساڵی ١٩٧٧ی خانەی مامۆستایانی سلێمانی. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٨٣ ئەرکی ڕێکخستنی پێ سپێردرا و وەك ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی دوکان چالاکیی نواند. لە مانگی کانونی یەکەمدا لە کاتێکدا کە بەسەردان گەڕابۆوە بۆ سلێمانی، دەزگا ئەمنییەکان شوێنی حەوانەوەیان ئاشکرا کردو گرتیان. واژوکردنی ڕێککەوتنی ئاگربڕ لە نێوان حکومەتی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پاش گیرانی بە چەند هەفتەیەك، ئەو دەرفەتەی بۆ پێك هێنا کەگیانی بپارێزرێ بەڵام ئازادکردنی بۆ مانگی تشرینی دووەم دواکەوت. پاش ئازادکردنی، گەڕایەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگەو چۆوە سەر ئیشوکاری ڕێکخستن.

کۆتایی هەمان ساڵ بەشدار بوو لەو خولەی کادیران کە دەزگای ناوەندیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەگوندی کانی تووی ناوچەی مەرگە بۆ ئەندام کەرتەکانی ڕێکخستنی ساز کردبوو.

ساڵی دواتر، بەشدار بوو لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە گوندی سماقوڵیو بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردنو ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە کرایە رابەری سیاسیی تیپی مەڵبەندی دوو لە

سەرگەڵوو لە ناوچەی دۆڵی جافەتی. ساڵی ١٩٨٨ بووە بەرپرسی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە شاری بانە لە ئێران.

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، گەڕایەوە بۆ سلێمانیو بۆ ساڵی دواتر کرایە ئەندامی مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٣ بووە کارگێڕی کۆمیتەی باڵای مەکتەبی عەسکەری لە سلێمانیو لە ساڵی ١٩٩٦دا بووە لێپرسراوی ئیدارەی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دواتر بووە ئەندامی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگە. لە ماوەی نێوان ١٩٩٩و ٢٠٠١دا رابەری سیاسیی فەرماندەیی یەکی تایبەت بوو.

ساڵی ٢٠٠١ چووە دەرەوەی وڵات و لە بریتانیا گیرسایەوە. ساڵی ٢٠٠٧ لە لەندەن بەسەرۆکی مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد هەڵبژێردرا و هەر ئەو ساڵە ئەرکی سەرنوسەریی گۆڤاری «مەڵبەند»ی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی ماستەری لە بریتانیا لە بواری بەڕێوەبردنو گەشەپێدانی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠١١ خانەنشین کرا.

دیارترین بەرهەمەکانی: گەشتێك بە نێو ژیانو کلتورو سیستمی کۆمەڵگەی بریتانیادا» (٢٠١١).

## سوپای رزگاریی کوردستان (سرک)

کورتکراوەی سوپای رزگاریی کوردستان. رێکخستنێکی چەکدارە بە شێوەی سوپایەکی نهێنی لە ناو شارەکان دروست کراوە. مێژووی دروستکردنی بۆ ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە، کاتێك نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتی، بە رەچاوکردنی ئەگەری وەستانی شەڕی عیراق - ئێران و پوکانەوەی شەڕی پێشمەرگانە، پلانێکی بۆ گواستنەوەی شەڕی پێشمەرگانە بۆ ناو شارەکان دانا و لەم سەروبەندەدا داوای لە رێکخستنەکانی ناو شارەکان کرد شانەی چەکدار دروست بکەن. ئەو شانە چەکدارانەی لەو کاتەدا لە ناو شارەکان دروست کران، ژمارەیان زۆر نەبوو، هەروەها هیچ چالاکییەکیشیان بەکردەوە ئەنجام نەداوە. بەڵام پاش سەرهەڵدانی قەیرانی کوێت لە ساڵی ١٩٩٠و زیادبوونی ئەگەری لێدانی عیراق، دروست کردنی شانە چەکدارەکان گەشەکردنێکی زۆری لە ماوەیەکی کورتدا بەخۆوە بینی. بەشێکی زۆری پێشمەرگە دێرینەکان پەیوەندییان بە رێکخستنەکانەوە کرد و لە شانە چەکدارەکاندا رێك خران و ژمارەیەکی زۆری شانەی چەکداریش لە ناو میلیشیا چەکدارە کوردەکانی سەر بەرژێمی عیراق دروست کران. لەو هەلومەرجەدا سرك هەموو جۆرە چەکێکی پێویستی بەهۆی سەربازە راکردووەکانەوە پەیدا کرد. شانە چەکدارەکان لە ناوچەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، عەربەت، کفری، دەربەندیخان، باوەنور، کەلار، شارەزوور، سەید سادق، زەڕایەن، رانیە دروست کران.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا سرك رۆڵێکی سەرەکیی لەزۆربەی شوێنە رزگارکراوەکاندا گێڕا. لە دروستکردنی شانە چەکدارەکانی ساڵی ١٩٩٠دا مستەفا سەید قادر رۆڵێکی بەرچاوی هەیە. پاش گیرانی لە ٢٩ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٠، کادیرەکانی تری رێکخستن لەوانە مستەفا ئیبراهیم دەروێش (شاسوار)و عەبدوالقادر محەمەد عومەر لێبڕاوانە ئەرکی تەواوکردنی پلانەکەیان گرتە ئەستۆو توانییان ژمارەیەکی زۆر شانەی چەکدار دروست بکەن.

بابەتی پەیوەندیدار:

* نۆکان (کۆبوونەوەی پلانی کار).

## سۆران (تیپ)

تیپی ١٢ی سۆران. یەکێکە لەو تیپانەی هێزی پێشمەرگە کە ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان پێك هێنراوە. لە ناوچەی باڵەکایەتی دامەزراوەو سەر بە مەڵبەندی سێیەم بووە. تیپەکە لە هەمان سنوری هەرێمی ١٢ ی سۆران دامەزراوە و بەم پێیە سنوری ناوچەی باڵەکایەتیی گرتۆتەوە. گەورەترین سەنتەری شارستانیی سنوری تیپەکە، شاری ڕەواندزەو سنورەکەی تا دەشتی هەریر درێژ بۆتەوە. ناوی تیپەکە لە میرایەتیی سۆرانەوە هاتووە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا فەرمانڕەوایی قەڵەمڕەوێکی فراوانی کوردستانی کردووە.

سنوری تیپەکە تێکەڵ بە سنوری چەند تیپێك بووە لەوانە تیپەکانی ٧٨ی کاروخ و ٧٤ ی باڵەك و ٩٩ ی بیتوێن.

تیپەکە چوار فەرماندەی هەبوو. یەکەمیان حەسەن کوێستانییە کە بە بناغە دارێژەری تیپەکە دادەنرێ و پێشتریش فەرماندەی هەرێمی ١٢ی سۆران بووە. پێکهێنانی تیپەکە بە بەراورد لەگەڵ پێکهێنانی تیپەکانی تر بە شێوەیەکی ئاسانتر بەڕێوە چووە چونکە پرۆسەکە تەنها پێویستی بە گۆڕینی ناوەکان بووە. بەمجۆرە، ناوەکە لە هەرێمەوە بوو بە تیپ، کوێستانی لە فەرماندەی هەرێمەوە بوو بە فەرماندەی تیپ، دڵشاد حەسەن ئاغا لە جێگری فەرماندەی هەرێمەوە بوو بە جێگری فەرماندەی تیپ، سنوری تیپەکەش هەر هەمان سنوری هەرێمەکە بوو. ساڵی ١٩٨٣ کوێستانی بۆ مەڵبەندی سێ گوێزرایەوەو بووە بەرپرسی عەسکەریی مەڵبەند. لە جێی ئەو، سەعید حەمە زیاد فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٧ سەلاح شینە کرایە فەرماندەی تیپەکەو ساڵی دواتر عەبدوڵڵا بۆر فەرماندەیی تیپەکەی لە ئەستۆ گرت.

تیپەکە ژمارەیەك فەرماندەی کەرتی هەبوو کە ڕۆڵێکی دیاریان لە چالاکییەکانی تیپەکەدا هەبوو لەوانە حاجی ئەحمەد عەبدوڵڵا، قادر حەمە زیاد، حسێن بەشان مەلەکی، محەمەد گۆڕەشێری، حاجی حارس، جەبار سەیدە، بورهان بنەیی، حاجی کەمال، هەروەها ژمارەیەك رابەری سیاسی و لێپرسراوی ڕێکخستنی هەبوو لەوانە ئەحمەد گۆزێ، سەلاح خوشکانی و پۆلا عەبدولکەریم.

تیپی ١٢ی سۆران یەکێ لە تیپە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگەیەو بە تەنها و بە هاوبەشی لەگەڵ تیپەکانی تر بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنە گەورەکەی قەندیل لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ ژمارەیەك تیپ، ئۆپەراسیۆنی ئاکۆیان لە ساڵی ١٩٨٥ بە هاوبەشی لەگەڵ تیپەکانی ٢٥ی خاڵخالان و ٥٣ ی شێروانە، شەڕەکانی سەر ڕێگای ڕەواندز-بێخاڵ لە ساڵی ١٩٨٦، شەڕەکانی قەیوان-ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ تیپەکانی ٢١ی کەرکوك، ٢٥ی خاڵخالان، ٤٧ ی پیرەمەگرون، ٥١ ی گەرمیان، ٥٧ی سەگرمە، ٣١ی سلێمانی، ٩٣ی کۆیە، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوغ، ٧٨ی کاروخ و ١٩ی کۆڕەك، ئۆپەراسیۆنی ١٢ ڕۆژەی سماقوڵی لەگەڵ تیپەکانی ٩١ی سەفین، ٨٥ی بەڕانەتی، ١٩ی کۆڕەك، ٨٣ی هەورێ، ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ، ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧ لە ناوچەی شارباژێڕ لەگەڵ ٢٦ تیپی تر، سەرباری ئەوەی کە لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕۆڵێکی دیاری لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا هەبوو.

## سورداش (شەڕ)

شەڕێکی یانزە سەعاتییە لە نێوان مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٢و هێزێکی گەورەی سوپای عێراق کە پێکهاتبوو لە یەك فەوج سەربازو دوو هەلیکۆپتەرو ٢٠٠ جاش لە ناوچەی سورداش لە ٨ی ئابی ١٩٧٩. شەڕەکە لە سەعات ٧ی بەیانی دەستی پێکردو تا سەعات ٦ی ئێوارە درێژەی کێشا. مەفرەزەکە توانی شکست بە هێرشەکە بهێنێ. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ٧ جاش کوژران و ٦ جاشی دیکەش بریندار کران. لە هێزی پێشمەرگەش ٣ پێشمەرگە بریندار بوون کە برینەکانیان سووك بوو.

## سورداش (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عێراق کە بە پاڵپشتی ژمارەیەکی زۆری تانك و زرێپۆش و هەلیکۆپتەر هێرشی کردبوە سەر پانتاییەکی فراوانی ناوچەی سورداش. بەرەبەیانی رۆژی ١٧ی ئابی ساڵی ١٩٨٧ هێزێکی گەورەی سوپای عێراق هێرشی کردە سەر گوندەکانی هۆمەر قەوم و تیمار و کانی شوك و سپیلك و قولە سەوز بە مەبەستی وێران کردنی گوندەکان و راگواستنی دانیشتوانەکەیان.

هێرشەکە لە چوار قۆڵەوە بەڕێوە چوو: لە قۆڵی یەکەم هێزێکی کۆماندۆو فەوجێکی جاش پەلاماری بەرزاییەکانی قولەڕەش و قولە پوشینەو قولە سەوزی زنجیرە چیای پیرەمەگرونیان دا، ئەویش بۆ بڕینی رێی نێوان سورداش و گوندی شەدەڵە. لە قۆڵی دووەم هێزێکی کۆماندۆو فەوجێکی جاشەکان بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش پەلاماری بەرزاییەکانی چیای سپیلك و رۆژهەڵاتی سورداشیان دا، ئەویش بە مەبەستی گەمارۆدانی سورداش و کۆنترۆڵکردنی دەوروبەرەکەی و بەرتەسک کردنەوەی جموجوڵی هێزی پێشمەرگە. لەقۆڵی سێیەم فەوجێکی جاش بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش لە رۆژئاواوە هێرشی کردە سەر سورداش. لەقۆڵی چوارەم هێزێکی کۆماندۆو یەك سریەی هەندەسەی مەیدان بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش و شۆفڵ و بلدۆزەرو هەروەها بە پاڵپشتی تۆپخانەی قورس و هەلیکۆپتەر پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی دا.

هێزی پێشمەرگە لە سێ قۆڵەوە بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوە. لە قۆڵی یەکەمدا مەفرەزەیەکی کەرتی ٩ی تیپی مەڵبەندی دوو بە فەرماندەیی عەلی عەبدولرەحمان سەعید ناسراو بە عەلی بەگ گێچینەییو مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیریی سورداش لە قوتەی زیخەڵان بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە. لە قۆڵی دووەمدا مەفرەزەیەکی کەرتی ٩ی تیپی مەڵبەندی دوو و مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونو مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیریو هێزێك بە فەرماندەیی هیوا سورداشی لە قەڵای سورداش بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە. لە قۆڵی سێیەمدا مەفرەزەیەکی ناوچەی دوکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرماندەیی فازڵ رەوف و عەبدول بیرانی لە رۆژئاوای سورداش بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوە.

لە کاتێکدا شەڕ بەگەرم و گوڕی بەڕێوە دەچوو، هێزێکی پێشمەرگەی پێکهاتوو لە تیپی مەڵبەندی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون فریای هێزەکانی سورداش کەوتن و بەشێکیان لە قۆڵێکی تری شەڕەکەدا هێرشیان کردە سەر شەش رەبیەی هێزەکانی عێراق لەسپیلك و قولە سەوزو لەم سەروبەندەدا لە سپیلك دەست بەسەر

دوو ڕەبیەدا گیرا. ژمارەی کوژراوی دوژمن لەدوو ڕەبیەکەی سپیلك ٢١ کۆماندۆ بوو، لە ڕەبیەکەی قولە سەوزیش زێدەتر لە ١٥ کۆماندۆ کوژران. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە لەم قۆڵە ١٠ پارچە چەك بوو.

شەڕەکە تا سەعات ١٨ درێژەی کێشاو هێزەکانی عیراق نەیانتوانی ئامانجەکانیان بەدی بێنن. لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق ٢١٢ کوژراویان هەبوو، لەوانە سێ ئەفسەر، سەرباری دەیان بریندار. هەروەها یەك تانكو ٣ زرێپۆش و ٥ شۆفڵ و دوو ئۆتۆمبیل تێك شکێنران.

هێزی پێشمەرگەی یەکێتی سێ شەهیدی هەبوو لەوانە عەلی عەبدولڕەحمان سەعید فەرماندەی کەرتی ٩ی تیپی مەڵبەندی دوو. لیژنەی ناوچەی دوکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش شەهیدێکی بە ناوی ئەحمەد مەلا حەسەن هەبوو.

ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە بەشدارییان لەم شەڕەدا کردووە، لەوانە مستەفا سەرگەڵوویی فەرماندەی تیپی مەڵبەندی دوو، شوان موغاغی فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی مەڵبەندی دوو، وەستا عەبدولی شەدەڵە لە ئیدارەی کەرتی ٢ی تیپی مەڵبەندی دوو، عەلی حاجی جێگری فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی مەڵبەندی دوو، عومەر گەرمێنی، محەمەد حاجی برایم، بەکر خوردەلوکی، زرار سێکانیانیو فاتیح جاسەنەیی.

ڕۆژی دواتر، هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٣٧ی شارباژێڕ و ٤٧ی پیرەمەگرونو مەڵبەندی دوو و تیپی پارێزگاریو مەفرەزەیەکی لیژنەی دوکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شەو هێرشیان کردەوە سەر ڕەبیەکانی سپیلك و قولە سەوز، لە ئەنجامدا دەست بەسەر دوو ڕەبیەو دوو کلاشینکۆفدا گیرا و پێنج سەربازیش لە هێزەکانی عیراق کوژران. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو.

## سورداش (تیپ)

تیپی ٢٣ ی سورداش. تیپێکە ساڵی ١٩٨٣ دامەزراوە. سنورەکەی کەوتۆتە نێوان دوکان و تاسلوجەو بە درێژایی بناری چیای پیرەمەگرون تا نزیك سەرچنار، بەشێکی ناوچەی بازیانیشی گرتۆتەوە.

تیپەکە لەگەڵ پێنج تیپ هاوسنور بوو کە بریتی بون لە تیپەکانی ٥٧ی سەگرمە، ٢٥ی خاڵخالان، ٩٣ی کۆیە، ٤٧ ی پیرەمەگرون و تیپی مەڵبەندی دوو.

تیپەکە ٩ فەرماندەی تیپی بە خۆیەوە دیوە، لە ناویاندا فەرماندەیەك دوو جار فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردراوە. یەکەم فەرماندە محەمەد غەریب عەبدوڵلا ناسراو بە ئازادی سەگرمەیە. لە سەرەتادا تیپەکە ٩٠ پێشمەرگەی هەبوو کە بەسەر پێنج کەرتدا دابەش ببون، ئەویش بەمجۆرە: کەرتی تیپ بە فەرماندەیی مستەفا سەید قادر، کەرتی ١ بە فەرماندەیی حەسەن حەیدەر ناسراو بە هەڵۆ چەمچەماڵی، کەرتی ٢ بە فەرماندەیی خالید عەبدوڵلا ناسراو بە مەلا خالید، کەرتی ٣ بە فەرماندەیی محەمەد بازیانی، کەرتی ٤ بە فەرماندەیی سوارە فەتاح.

یەکەم چالاکیی تیپەکە لە جەژنی نەورۆزی ١٩٨٣ ئەنجام دراوە، کاتێك هێزێکی تیپەکە لە نزیك گوندی کانی خان کە چەند کیلۆمەترێك لە شارۆچکەی دوکانەوە دورە، هێرشی کردە سەر کاروانێکی سەربازی و زیانێکی گەورەی پێ گەیاند.

هەمان ساڵ محەمەد غەریب عەبدوڵلا بۆ سەگرمە گوێزرایەوەو کرایە فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە. نازم حەمەی سلێمان لە جێی ئەو بە فەرماندەی تیپ دانرا. بەڵام مەرگ ڕێی پێ نەدا لێپرسراوەتییەکە بگرێتە ئەستۆ چونکە بەر لەوەی بچێتە سورداش و

لێپرسراوەتییەکە وەرگرێ، لە شەڕەکانی قەندیل دژ بە هێزەکانی بەرەی جود شەهید بوو.

لە کۆتایی ساڵدا غەریب عەسکەری کرایە فەرماندەی تیپ. لە ساڵی ١٩٨٤ دا تیپەکە بارەگای لە گوندی کرژە دانا. ساڵی ١٩٨٥، بە هۆی کۆمەڵێك کێشەوە، تیپەکە دۆخێکی ناسەقامگیری بە خۆیەوە بینی کە بووە هۆی زوو زوو گۆڕینی فەرماندەکانی. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ دا پاش گواستنەوەی غەریب عەسکەری بۆ مەڵبەندی ٢ و سپاردنی فەرماندەیی تیپی مەڵبەند پێی، دانا ئەحمەد مەجید فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە، بۆ سوورداش گوێزرایەوەو فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٥ پاش هەرەس هێنانی پرۆسەی دانوستانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رژێمی عیراق، حەسەن حەیدەر ناسراو بە هەڵۆ چەمچەماڵی کرایە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش. بەڵام بە هۆی تێوەگلانی لە ململانێ لەگەڵ هاوڕێکانی و بە هۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و رەفتاری نەشیاو و نابەجێوە، زوو لێپرسراوەتییەکەی لێ سەندرایەوە. ئەمەش وای لێ کرد واز لە پێشمەرگایەتی بێنێ و خۆی رادەستی رژێمی عیراق بکاتەوە. هەر ئەو ساڵە نەبەز رەشید ئەحمەد فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان گوێزرایەوە بۆ سورداش و فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ. بەڵام زۆر لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام نەبوو و لە کۆتایی ساڵدا هەڵۆ ئەحمەد کوردە جێی گرتەوە. بەڵام ئەویش زۆر لەسەر لێپرسراوەتییەکە بەردەوام نەبوو و والی عەبدولقادر براخاس ناسراو بە جوامێر کە خەڵکی گوندی چوارتاقانی پشت عەربەت بوو، جێی گرتەوە. ساڵی ١٩٨٧ براخاس بۆ تیپی ٢١ی کەرکوك گوێزرایەوەو سیروان کوێخا نەجم بۆ ماوەی چەند مانگێك فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ.

هەر ئەو ساڵە غەریب عەسکەری بۆ جاری دووەم فەرماندەیی تیپی ٢٣ی سورداشی گرتەوە ئەستۆ.

تیپی ٢٣ی سورداش رۆڵێکی باشی لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا هەبوو و لە ژمارەیەك ئۆپەراسیۆنی گەورەشدا بەشداریی کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج لە ساڵی ١٩٨٥ و داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨ دا دوو کادیری عەسکەریی ئەم تیپە بە ناوی رەئوف رەزا و هیوا ساڵح ئەحمەد بەشدار بوون لە خولی فەرماندەیی تاران کە قەرارگای رەمەزانی سوپای پاسدارانی ئێران، بەپێی رێککەوتنێك لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ساز کردبوو.

تیپەکە ژمارەیەك کادیری عەسکەریی کارامەی هەبووە لەوانە مستەفا سەید قادر، خالید عەبدوڵڵا ناسراو بە مەلا خالید، ئاراس حەمەلاو، محەمەد تەیب، کاوە عەلی، محەمەد بازیانی، سابیر کۆکەیی، خەلیل بێدەری، کەریم بازیانی، سەربەستە سور، هەڵۆ قەرەهەنجیری، کەریم نادر باخی، تەیفور حەمەی عەزیز کەلەباشی، عەبدوڵڵا بەکرەجۆیی، عەبدول کانی عەرەبانی و مستەفا محەمەد ئەحمەد.

هەروەها ژمارەیەک کادیریش لە کاتی جیاوازدا لە بواری رێکخستن و کاروباری کۆمەڵایەتیدا لەو تیپە کاریان کردووە، لەوانە قادر مەنمی، سالار کۆیی، عەبدولکەریم هەڵەدنی، مەلا فەرمان، جەمال چاوشین، کرێکار جەمال فەهمی ناسراو بە شۆڕش.

## سورقاوشان (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو جاشەکانی قادر فەرەج کە رۆژی ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ لە گوندی سورقاوشان گەمارۆی چەند

پێشمەرگەیەکیان دابوو. لەم پێکدادانەدا ١٠ جاش بریندار کران لە پێشمەرگەش رەسوڵ ساڵح سەعید شەهید بوو.

## سورقاوشان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان پێشمەرگەکانی هەرێمی ٢و هێزەکانی سوپای عیراق و جاشەکان بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەر لەگوندی سورقاوشان لە١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٨٠. شەڕەکە بە سوڕانەوەی چەند هەلیکۆپتەرێك بەسەر ناوچەکەدا دەستی پێ کردو زۆری نەبرد چوار هەلیکۆپتەری بارهەڵگر لەقۆڵەکانی توتەمر، سرد تەلانو شێخ زێلێین ژمارەیەکی زۆر سەربازو جاشیان داگرت.

هێزی پێشمەرگەش بە سەرکردایەتیی فەرماندەی هەرێم عەلی بچکۆل بەم جۆرە دامەزران: عەلی بچکۆل لە قۆڵی تەلان، جێگری فەرماندەی هەرێم غەریب عەسکەری لە قۆڵی بۆڵقامیشو توتەمر، سەعید بێدەریو رەمەزان دوشیوانی لە قوڵی سرد و شێخ زێلێن و بێستون عەسکەری لە قۆڵی گوندی شێخان.

شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا، هێزەکانی دوژمن لە هەموو قۆڵەکان شکان و زیانێکی زۆریان لێ کەوت. لەم شەڕەدا ١٠ هەلیکۆپتەری جەنگی بۆردومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد، لەوانە ٣ دانەیان پێکران و لە شارۆچکەی ئاغجەلەر نیشتنەوە.

هێزی پێشمەرگە حەوت بریینداری هەبوو کە زۆربەیان برینەکانیان سوك بوو، لەوانە پێنجیان بە هۆی بۆردومانی هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانەوە بریندار بوو بوون.

ژمارەی پێشمەرگە لەم شەڕەدا ٤٠ پێشمەرگە بوو، چەکەکانیشیان بریتی بوون لەکلاشنکۆف، بڕنەو، ئار بی جی، ژێ سێو رەشاشی دیکتاریۆف. ئەم شەڕە یەکێ لە شەڕە گرنگەکانی پێش هەڵایسانی شەڕی عیراق- ئێرانە.

## سورکەل (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوکە لەسەر رێگای شوان- کەرکوك لە١٢ی ئەیلولی ١٩٨٧ کە تێیدا کاروانێکی هێزەکانی عیراق کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە.

پاش کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست دەربارەی هاتوچۆی هێزەکانی عیراق لە ناوچەکە، لە نزیك گوندی سورکەل پێشمەرگەکان بون بە سێ بەش و سێ بۆسەیان دانا. بۆسەی یەکەم لە کەلێنی خدری زیندەوە بەرەو شوان کەپێشمەرگەکانی لە سەفەر قوڵی بەگی، محەمەد گەڵۆزیو رەحمان حەمەدەمین قولی بەگی پێکهاتبون، بۆسەی دووەم، لەسەر رێگای جانقز کە لە پێشمەرگەکانی حەمەسور دوشیوانی فەرماندەی کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوك، محەمەد گورگانی، کارزان عەلی رێدار، فەرهاد قەفاری، وریا عەرەب، فوئاد کەرکوکیو چەند پێشمەرگەیەکی تر پێکهاتبون. بۆسەی سێیەم لەحەسار تەها دانرا و پێشمەرگەکانی لە ئاواتە رەش جێگری فەرماندەی کەرتی تیپەکە، عومەر چاوشین، کاوە سور، خولە سەربێری، گەنج خەلیل، بورهان کاکلو چەند پێشمەرگەیەکی تر پێکهاتبون.

پاش دوو سەعات و نیو لە دانانی بۆسەکە، لە سەعات ٦,٣٠ی سەر لەبەیانی، هێزێکی سوپای عیراق کە پێکهاتبوو لە ئیڤایەك و شۆفرلێتێکی پیکاب و برازیلییەك، کەوتە بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللە. لە ماوەی نیو سەعاتدا

پێشمەرگە ١٣ سەربازو ١٠ جاشی بەدیل گرت و دەستی بەسەر هەر سێ ئوتومبیلو ١١ کلاشنکۆ فدا گرت. پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو.

## سورێن (شەڕ)

شەڕێکی ١٣ سەعاتییە لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦دا هێرشی هێنابووە سەر دێهاتەکانی بناری چیای سورێن لە هەڵەبجە. لەم شەڕەدا دوژمن ٣٥ سەربازی کوژراوو بریندارى هەبوو.

## سورێن (شەڕ)

شەڕێکی ٩ سەعاتییە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ هێرشی هێنابووە سەر چیای سورێن لە شارەزوور بە مەبەستی ڕاگواستنی گوندەکانی کۆلیتان، خرنوك، سیامێوەو کانی سیف. لەم شەڕەدا دوژمن زیانێکی گیانیی زۆری لێ کەوت، هەلیکۆپتەرێك پێکرا و لە نزیك شارۆچکەی سەید سادق کەوتە خوارەوە.

لە هێزی پێشمەرگە، ئەحمەد زەنگی سەری (خەڵکی هەڵەبجە)و ٧ هاووڵاتیی سیڤیلی گوندی کانی سیف شەهید بوون و ٢ پێشمەرگەش بریندار بوون.

## سۆسیالیزم (پرنسیپ)

یەکێکە لە پرنسیپە سەرەکییەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڵام ناوەڕۆکەکەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازیی هەیە.

لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چەمکی سۆسیالیزم وەك پرنسیپێکی دیاریکراو و سەربەخۆ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس نەکراوە بەڵام لە ڕەوتی دیاریکردنی پێنج ئەرکە سەرەکییەکەی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتدا، ئەرکی پێنجەم بە ناوەڕۆك لە هەموویانەوە لە سۆسیالیزمەوە نزیکترە و ناوی سۆسیالیزمیشی تێدا هاتووە و بەم جۆرە داڕێژراوە: «هێنانە دیی چاکسازییەکی کشتوکاڵیی ریشەیی بە قازانجی کۆمەڵاتی خەڵکی جوتیارو پیشەسازی کردنی وڵات و وەبەرهێنانی سامانی نەوتو کانزاکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگای عیراق و پاشانیش فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی هەنگاونان بەرەو بنیاتنانی سۆسیالیزم». ئەم بڕگەیە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان پیشەسازیو کشتوکاڵدا دروست دەکاو بە ناوەڕۆك ئەو تیۆرییە شۆڕشگێڕانەیە بەرجەستە دەکا کە ئەرکی بنیاتنانی سۆسیالیزم بە کرێکاران و جوتیاران دەسپێرێ. کرۆکی ئایدیۆلۆژیی بڕگەکە ئەوەیە کە سۆسیالیزم لەسەر دەستی کرێکارانو جوتیاران بنیات دەنرێو چینی کرێکار بەبێ پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی ناتوانێ پەرە بە ڕۆڵی سیاسیی خۆی بداو ئەنجامدانی ریفۆرمی زەوی هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانەیە بۆ رزگاربون لە پاشماوەکانی دەرەبەگایەتیو دابین کردنی هاوپەیمانێك بۆ چینی کرێکار لەهەوڵدانیدا بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم.

لە ڕەوتی باس کردنی هاوپەیمانە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بەیاننامەکە دەچێتەوە سەر ناوهێنانی سۆسیالیزم بەڵام لەو شوێنەدا بەمجۆرە باسی دەکات کە هێزە سۆسیالیستەکانی جیهان هاوپەیمانێکی سەرەکیی بزوتنەوەی کوردایەتی پێکدێنن.

لە نامیلکەی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بۆچی؟» کە بە شێوەیەکی چڕ گوزارشت لە ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات، مەسەلەی سۆسیالیزم وەك مەسەلەیەکی هەنوکەیی دەرناکەوێ بەڵکو مەسەلە هەنوکەییەکە چۆنێتیی هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکدارە لە کوردستاندا پاش هەرەس هێنانی شۆڕش دوا بە دوای پەیمانی جەزایر.

نامیلکەکە چەردەیەك بیروڕای گرنگی سەبارەت بە سۆسیالیزم گرتۆتە خۆ بەڵام باس کردنی سۆسیالیزم، لە ناوەڕۆکی ناوهێنانەکاندا، زۆرتر بەندە بەدوو مەسەلەوە، یەکێکیان مەسەلەی جوتیارانەو ئەوی تر مەسەلەی پارتی پێشڕەوە. سەبارەت بەمەسەلەی یەکەم، بەم جۆرە سەیری رۆڵی جوتیاران کراوە کە بەبێ رزگاربونیان لە دەرەبەگایەتی ناتوانن بەشدارییەکی کارا لە خەباتی نیشتمانیو چینایەتیدا بکەن، بەتایبەتی کە بزوتنەوەی کوردایەتی لە ناوەڕۆکدا بزوتنەوەی جوتیارانە کە زۆرینەی گەل پێکدێنن. سەبارەت بەمەسەلەی دووەمیش، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کەگۆش کردنی بزاڤی جەماوەری شۆڕشگێڕ بەبیروباوەڕی سۆسیالیزم پەیدابونی پارتی پێشڕەوی لێ دەکەوێتەوە.

ئەم بیرو بۆچونانە لە پڕۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٦ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش رەنگیان داوەتەوەو تێیدا داوای نەهێشتنی دەرەبەگایەتیو پەیوەندیی تیرەگەریو ئەنجامدانی چاکسازییەکی ریشەیی لە بواری کشتوکاڵدا کراوە. بەرنامەکە واوەتر دەڕوا و شۆڕشی رزگاریی نیشتمانی بە شۆڕشی کشتوکاڵییەوە دەبەستێتەوەو بانگەشە بۆ هاوپەیمانیی کرێکاران و جوتیاران دەکات. ئەم بۆچونە زۆرتر کاریگەریی ئەزمونی چینی لەسەرە کە لەوێدا سۆسیالیزم لەسەر دەستی پارتی کۆمۆنیستی چین بە سەرۆکایەتیی ماوتسی تۆنگ لە ڕێگەی تێکهەڵکێش کردنی بزاڤی رزگاریی نیشتمانیو شۆڕشی کشتوکاڵییەوە هاتۆتە دی. بەڵام بەرنامەکە بە شێوەی پرنسیپێکی سەربەخۆ باسی سۆسیالیزم ناکا.

بە هەمان پێودانگ، پەیڕەوی ناوخۆ چەردەیەك ئاماژەی گرنگی بۆ سۆسیالیزم تێدا بەدی دەکرێ لەوانە بانگەشەکردن بۆ چاکسازییەکی ریشەیی لە بواری زەویدا، خۆماڵی کردنی بازرگانیی دەرەکی، چاودێری کردنی بازرگانیی ناوخۆیی، پەرەپێدانی کەرتی گشتی، پاراستنی مافی کرێکاران، دیاری کردنی ماوەی کاری رۆژانە بە حەوت سەعات، دەستەبەرکردنی مافی پێکهێنانی سەندیکاکان، پەرەپێدانی بزوتنەوەی کرێکاری بۆ رەخساندنی مەرجی پێویست بۆ ئەو بزوتنەوەیە بۆ بەرجەستەکردنی رۆڵی مێژویی خۆی.

هەردوو باڵەکەی یەکێتیی نیشتمانی لە قۆناغی بەراییدا، واتە کۆمەڵەی رەنجدەرانو بزوتنەوەی سۆشیالیست، هەر لە سەرەتاوە ئاراستەیەکی سۆسیالیستییان هەبوە. کۆمەڵەی رەنجدەران لەو روانگەیەوە کە لە سەرەتاوە جیهانبینیی مارکسیستیی پیادە کردووە، ستراکچەری فیکریی لەسەر بنەمای فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی هەنگاونان بەرەو سۆسیالیزم دامەزراندبوو و لەم سەروبەندەدا ستراکچەرە ئایدیۆلۆژییەکەی بەم چەشنە شرۆڤەی سۆسیالیزمی کردووە کە قۆناغی پێش پەیدابونی کۆمۆنیزمە.

سەبارەت بە بزوتنەوەی سۆسیالیستیش، هەڵبژاردنی دەستەواژەی «سۆسیالیست» وەك ناسنامەیەك بۆ بزوتنەوەکە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی پێشکەوتووە. بەڵام بزوتنەوەی سۆسیالیست تا ساڵی ١٩٧٨ هیچ بەرنامەیەکی نەبووە کە تێڕوانینی بۆ مانای سۆسیالیزم تێدا رون کردبێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٨دا تاڵەبانی بەرێککەوتن لەگەڵ باڵی عەلی عەسکەری-

خالید سەعید پرۆژەی پرۆگرامێکی بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیست نوسیو تێیدا ستراکچەرێکی فیکریی رونی بۆ بزوتنەوە دابین کرد.

بزوتنەوەی سۆسیالیست هەر لە سەرەتاوە رەوتی چەپو سۆسیالیستی هەبووە کە سەرکردەی وەك کاردۆ گەلاڵیو عەلی هەژار نوێنەرایەتییان کردووە. لە بەرامبەریشدا رەوتی پارێزگارانەشی هەبوە کەدیدێکی رۆشنی بۆ چەمکی سۆسیالیزم نەبووە. ئەم رەوتە ساڵح یوسفی نوێنەرایەتیی کردوە. پاش جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیست لە یەکێتیی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٧٩، ئەو باڵەی بزوتنەوەی سۆسیالیست کە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوە، تا ساڵی ١٩٨٢ بەردەوام بوو لەسەر پیادەکردنی پرۆژەی پرۆگرامەکەی ساڵی ١٩٧٨.

لە شیکردنەوەی کۆتاییدا پرۆگرامی ساڵی ١٩٧٨ پرۆژەیەکی تەواو سۆسیالیستی بوو. دیباجەی پرۆگرامەکە بە رونی نیشانی داوە کە «دامەزراندنی سۆشیالیزم لە کوردستاندا لە رێگەی سەرخستنی شۆڕشی دیموکراتی گەلییەوە» یەکێ لە ئامانجە دورەکان پێکدێنێ. هەروەها لە ناواخنی پرۆگرامەکەدا لە دوانزە ئامانجەکەی خەبات، ئامانجی دوانزەهەم جەختی کردۆتە سەر «دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی گەلی کە زەمینە خۆش دەکات بۆ گواستنەوەی کۆمەڵ بەرەو سۆسیالیزم بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی هەموو گیروگرفتە کۆمەلایەتیو نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەپێی یاسای سۆشیالیزمی زانستی».

پاش یەکگرتنەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی لە ساڵی ١٩٨٢و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بیروڕا سۆسیالستییەکانی ناو بزوتنەوە گوێزرانەوە بۆ ناو یەکێتیی شۆڕشگێڕان. بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان وای بۆ چووە کە سەردەمەکە «سەردەمی هەرەس هێنانی ئیمپریالیزم و تێکشکانی قەلای سەرمایەداریی جیهانیو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانو چینە زەحمەتکێشەکانە». بەلام ئاراستەی سۆسیالیستی لە ناو ئەدەبیاتی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا، بە بەراورد لەگەڵ پرۆژەی پرۆگرامی ساڵی ١٩٧٨ی بزوتنەوەی سۆشیالیست، زۆر کرچ و کاڵە، بە رادەیەك کە یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە ئەدەبیاتەکانیدا دامەزراندنی سۆسیالیزمی نەکردۆتە ئامانجی خۆی. لەم روەوە سەرنجی ئەوە دراوە کە لە ئەدەبیاتی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم لە دژایەتی کردنی سەرمایەداری جیا کراوەتەوەو لەناوبردنی سەرمایەداری نەکراوە بەئامانج. پەیڕەوی ناوخۆ رونی دەکاتەوە کە «لەناوبردنی سەرمایەداریی بیروکرات» نەك سیستمی سەرمایەداری، یەکێ لە ئامانجەکانی خەباتی یەکێتیی شۆڕشگێڕان پێکدێنێ. بەلام پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی شۆڕشگێڕان چەردەیەك بەهای چەپڕەوانەی پێشکەوتنخوازانەی گرتۆتە خۆ لەوانە نەهێشتنی دەرەبەگایەتیو دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم، هەروەك بانگەشەی بۆ چەند تیۆرییەکی چەپڕەوانە کردووە لەوانە تیۆرییەکانی «شۆڕشی دیموکراتیی نوێ»و «یەکگرتنەوەی چوار چینە شۆڕشگێڕەکە». بەکردەوە، یەکێتیی شۆڕشگێڕان وەك رێکخراوێکی چەپی ریفۆرمیستی میانڕەو هەڵسوکەوتی کردووەو بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەراندا، کەمتر لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیادا بووە.

چەمکی سۆسیالیزم لەو قۆناغەدا زۆر لە ژێر کاریگەریی تیۆریی کۆمۆنیستانەی سۆسیالیزم دایە کە تێیدا دەوڵەت کۆنترۆڵی بازرگانیی دەرەکیو ناوخۆیی دەکا، نرخ دادەنێو هانا بۆ خۆماڵی کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانو دابین کردنی یەکسانیی

تاکەکان دەبا. ئەم سۆسیالیزمە لە ڕوی تیۆرییەوە لەسەر بنەمای هاوپەیمانیی چینە شۆڕشگێڕەکان بە سەرکردایەتیی چینی کرێکاران دادەمەزرێ. هەرچەند لەم سۆسیالیزمەدا دەوڵەت خاوەنی هۆکانی بەرهەم هێنانە بەڵام دەرفەت بە کۆمەڵگا دراوە بەشداری لە بەرهەم هێناندا بکاو خاوەنێتیی تایبەتیش پارێزراوە.

بە شێوەیەکی گشتی، لەو قۆناغەدا سۆسیالیزم هەم وەك ئامانج تەماشا کراوە هەم وەك قۆناغ. ئەمەش زۆرتر لە لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریکیدا دەردەکەوێ کە فەرەیدون عەبدولقادر لە ساڵی ١٩٨٩دا بە ناونیشانی «هەڵوێستی کۆمەڵە دەربارەی هەندێ مەسەلەی ستراتیجی» نوسیویەتیو تێیدا سۆسیالیزم، وەك ئامانج و قۆناغ، دوای رزگاریو دیموکراسی دێ.

لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا چەمکی سۆسیالیزم لە ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کەوتە ژێر کاریگەریی دوو فاکتەری بنچینەیی. فاکتەری یەکەم هەرەس هێنانی بلۆکی کۆمۆنیستە کە بوە مایەی هەرەس هێنانی مۆدێلی پەیڕەوکراوی سۆسیالیزمو داڕوخانی بەها سۆسیالیستییەکان. ئەم هەرەس هێنانە ڕێی بۆ پەیدابونی چەردەیەك بەهای تازە خۆش کرد لەوانە بەهاکانی بەجیهانیبونو ئابوریی بازاڕو مافی مرۆڤو دیموکراسی. فاکتەری دووەم داشکاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بە لای پیادەکردنی جیهانبینیی سۆسیال دیموکراسیدا.

بەم پێیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆنگرەی یەکەمدا لە ساڵی ١٩٩٢، لەسەر مۆدێلێکی سۆسیالیزم گیرسایەوە کە تەواو جیاواز بوو لە مۆدێلی پشتگیریلێکراوی دەیەی حەفتاکانو هەشتاکان. لە ڕاپۆرتی سیاسیدا کە تاڵەبانی لە کۆنگرەی یەکەم خوێندویەتییەوەو پاشان کۆنگرە وەك دیکۆمێنتێکی فەرمی پەسندی کردووە، سۆسیالیزم بە «ئامانجی سەرەکیی دور» دانراوە. ڕاپۆرتەکە رونی کردۆتەوە کەسۆسیالیزم «لە ڕوی فەلسەفییەوە» بیروباوەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکدێنێو «بە هەڵپەهەڵپو پەلە پەل و بازدان» نایەتە دی. راپۆرتەکە بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییە کردوە کە سۆسیالیزم «قۆناغی دوای سەرمایەدارییە»و لەم روەوە باسی کردوە کە «گەشەپێدانی سەرمایەداری» مەرجێکی سەرەکیی بنیاتنانی سۆسیالیزم پێکدێنێ.

ئەمە بەم واتایە دێ کەراپۆرتەکە وای داناوە کە سۆسیالیزم بە ڕێوشوێنی ئاشتییانەو لە ڕێی گەشەپێدانی سەرمایەدارییەوە دێتە دی. راپۆرتەکە هیچ بانگەشەیەکی بۆ هاوپەیمانیی چینە شۆڕشگێڕەکان و خۆماڵی کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان تێدا نیەو داوا ناکا دەوڵەت کۆنترۆڵی بازرگانیی دەرەکیو ناوخۆیی بکات.

پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی «سۆسیال دیموکراتە» بەڵام مانای سۆسیالیزمی رون نەکردۆتەوە. پڕۆگرام، بەبێ ناوهێنانی سۆسیالیزم، لەبڕگەی ئامانجە ئابورییەکاندا بانگەشەی بۆ چەند ناوەڕۆکێکی سۆسیالیستی کردووە وەك «گەشەپێدانی کەرتی گشتیی پیشەسازی بەگوێرەی پێویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو توانای گەل»و یارمەتیدانی کەرتی تایبەتو «رێکخستنو بوژاندنەوەی بازرگانیی ناوەوە بەپێی یاساو بە دابین کردنی ئازادیو رەچاوکردنی گەشەپێدانی ئابوریو سودی کۆمەڵو ئابوریی نیشتمانی»و لەم روەوە ئازادی بە کۆمپانیا بازرگانییەکان دراوە تا لە پاڵ حکومەتدا بەشدار بن لە بازرگانیی دەرەکیدا. لە بڕگەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیشدا، پڕۆگرام بە هەمان شێوە جەختی کردۆتە سەر چەند ئاراستەیەکی

به ناوەڕۆك سۆسیالیستی لەوانە چارەسەركردنی كێشەی خانوبەرە «بە دابین كردنی خانوو بۆ هەموو خێزانێك»، دابین كردنی گەرەنتیی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە شارەكان، دابین كردنی كار بۆ بێكاران، دەستەبەركردنی گەرەنتیی كۆمەڵایەتی بۆ كرێكارانو پەككەوتەو بەساڵاچوانو خێزانی شەهیدان، دەركردنی یاسای كارو خوێندن بەخۆڕایی.

ئەو دیكۆمێنتانەی كە لە كۆنگرەكانی دووەمو سێیەم لە بارەی سۆسیالیزمەوە دەرچون، لە ناوەڕۆكدا جیاوازییەكی ئەوتۆیان لەگەڵ دیكۆمێنتەكانی كۆنگرەی یەكەمدا نیە.

## پاشكۆ

## سۆسیالیزم لە راپۆرتی سیاسیی پەسندكراوی كۆنگرەی یەكەم (١٩٩٢)

یەكێك لە ئەركەكانی ئەم كۆنگرەیەمان رونكردنەوەو دیاری كردنی ئامانجی دوری گەشەپێدانی كۆمەڵایەتیی كوردستانە چونكە دەبێ لەپێشەوە بزانین كوردەواری بەرەو كوێ دەبەینو بە چ رێگایەك بۆی دەچین. بۆ ئەمەش دەبێ تەبیعەتی كۆمەڵایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دیاری بكەین، ئینجا بیروڕا فەلسەفییەكەی.

١-پێم وایە هەر لە سەرەتاوە ئێمە لەو بڕوایەدا بوین كە لە ڕوی كۆمەڵایەتییەوە، لە ڕوی پێكهاتەوە، یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان رێكخراوی رەنجدەرانی كوردستانە، هی رەنجدەرانی بیر و بازووە.

٢-یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان خەباتی كردووە دژی زوڵم و زۆری نەتەوایەتیو دژی چەوساندنەوەی چینایەتی.

٣-بۆیە بیروباوەڕی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ڕوی فەلسەفییەوە دەبێ بیروباوەڕی سۆسیالیزم بێت، سۆسیالیزمێك كە لەسەر پایەكانی مرۆڤایەتیو دیموكراسی دارێژرا بێت.

هەر بۆیە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ئامانجی دوری بریتی دەبێت لە كوردەوارییەكی بێ زوڵمو زۆری نەتەوایەتیو چەوساندنەوەی چینایەتی كەدیارە ئەمەش بەبێ مافی چارەی خۆنوسینو پێشكەوتنی كۆمەڵایەتیو ئابوریو پیشەسازیو كشتوكاڵیو سیاسی نابێ كە دەبێ ماوەی مێژویی پێویستی خۆی ببڕێت، واتە نەمانی زوڵم و زۆری نەتەوایەتیو مافی چارەنوس زۆر پێویستن بۆ ئەوەی لە سەرێكەوە سەروەت و سامانی نیشتمانیمان بكەوێتەوە دەست خەڵكی كوردستان و لەلایەكی تریشەوە كۆتو زنجیرەكانی كۆمەڵ بشكێنین تاكو بەئازادیو بێ كەندو كۆسپ گەشە بەكۆمەڵی خۆمان بدەینو بۆ پێشەوەی بەرین. لە ژێر سایەی داگیركەراندا نە گەشەكردنی كۆمەڵایەتی نە گەشەكردنی سیاسیو كەلتوریو پیشەسازیو كشتوكاڵیی پێویستمان نابێت، بۆیە دەبێ لە داگیركردن رزگارمان بێ.

بێ دیموكراسیش دیسان گەشەكردنی ئابوریو سیاسیو كەلتوریو كۆمەڵایەتی زۆر زەحمەت و دژوارە. بۆیە دیموكراسیش شەرتێكی بناغەیی گەشەكردنی كۆمەڵایەتییە لە ڕوی پیشەسازیو كشتوكاڵیو كەلتوریو سیاسییەوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجی دوریش، پێویستە گەشەكردنی ئاسایی كۆمەڵایەتی رەچاو بكەین، پێویستە بیر لە تاقیكردنەوەی گەلانیش بكەینەوە، پێویستە ئەو راستییەمان هەمیشە لە یاد بێت كە سیستمی كۆمەڵایەتی ئارەزوی خۆشو ویستی باش ناگۆڕێت، بەڵكو لە ئەنجامی گەشەكردنی ئابوری، سیاسی، كەلتوری دەبێت.

ڕۆیشتن بەرەو سۆسیالیزم تەنها بە کوردەوارییەکی نوێ دەبێ کە لە ڕوی پیشەسازی، کشتوکاڵی، بازرگانی، خوێندەواری، سیاسیو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە گەشەی کردبێتو پێشکەوتبێت. واتە وردە وردە کەرەستەو شەرتەکانی دروست کردنی سۆسیالیزمیان هێنابێتە کایەوە. واتە هەڵپە هەڵپو پەلە پەل و بازدان نامانگەیەنێت بە ئامانج. هەندێك ئیجرائاتی ناوەختی بە ناو سۆسیالیستیش لەو ئامانجە پیرۆزەمان دورمان دەخەنەوە. لە مێژودا گەشەپێدانی سەرمایەداری شەرتێکی سەرەکی بوە بۆ دانانی بونیادی سۆسیالیزم کە خۆیشی قۆناغی دوای سەرمایەدارییە.

لە وڵاتانی دواکەوتوودا زەمینە خۆش کراوە بۆ خەبات کردن لەپێناوی سۆسیالیزمدا. جا چەند لە کوردستانی ئێمەدا پیشەسازیی گشتیو تایبەتی گەشە بکات، چەند ژیانی ئابوری پێش بکەوێت، چەند کشتوکاڵ لەکۆتو پێوەندەکانی دەرەبەگایەتی رزگاری بێت، ئەوا ئەوەندەش کۆمەڵ گەشە دەکاتو لە سۆسیالیزم نزیك دەبێتەوە. سۆسیالیزم بەبێ بناغەیەکی ئابوریی گەشەکردوو، بێ پیشەسازیو بازرگانیی گەشەکردوو، بێ پێشکەوتنی کەلتوریو کۆمەڵایەتی لەدنیای ئەمڕۆدا وەدەست نایەت.

هەرەس هێنانی یەکێتیی سۆڤێت و دەوڵەتەکانی ئەورووپای رۆژهەڵاتیش نیشانەی راستیو دروستیی ئەو بۆچونانەی سەرەوەن. ئەوە بوو لە کۆمەڵی دواکەوتوو لەڕوی پیشەسازیو کشتوکاڵیو کەلتورییەوەو بێ دیموکراسیو بێ ئازادیو سەربەستییە دیموکراتییەکان و بێ مافی راستەقینەی رەوای چارەی خۆنوسین، سۆسیالیزم بە تەواوی دانەمەزرا و سەری نەگرت، جگە لەوەی کە ئەو هەرەس هێنانە لە ڕاستیدا هەرەس هێنانی جۆرە بیر و بۆچونێکیش بوو، هی جۆرە رەفتارێکی حزبایەتیو دەوڵەتی بوو، هی جۆرە زوڵمو زۆرێکی نەتەوایەتیی تر بوو، هی جۆرە چەوساندنەوەیەکی چینایەتیی تر بوو بە شێوەیەکی تایبەت، هەروەك ئەنجامی بەدیهێنانی سەرەتاکانی راست و رەوای سۆسیالیزم نەبوو. لە کوردستاندا بە تەما نین دەستبەجێ سۆسیالیزم دروست بێت، بەڵکو بە هیوای ئەوەین رۆژێ لە ڕۆژان دوای گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پیشەسازیو کشتوکاڵی و ئابوری و کەلتوری و سیاسی لە کوردەواریدا، خەڵکی کوردستان بە ئارەزوی خۆیان، بڕیاری دانانی کۆمەڵی سۆسیالیستی بدەن بەگوێرەی هەلومەرجی بابەتیو تایبەتیی خۆیان. ئا ئەو رۆژەش ئێمەمانان هەم لەڕوی بیروباوەڕەوە هەم لەڕوی کەلتورو دروشمەوە، سۆسیالیزم وەك ئامانجی دور، بڵاو دەکەینەوە، هەروەك راستیو خاسیەتەکانیشی بڵاو دەکەینەوە.

هەروەها ئەوەندەی دەکرێ، لە دروشمەکانی سۆسیالیزم دەربارەی مافی کرێکاران و رەنجدەران لەژیانو گوزەراندا، لە کارو بێکاریدا، لە دابین کردنی گوزەرانیان لە کاتی پەککەوتەییو بێ ئیشیدا، واتە مافەکانی گەرەنتیی کۆمەڵایەتیو نەخۆشخانە و خوێندنو خۆڕێکخستنو هۆشیاریدا، بەڵێ ئەوەندەی دەکرێ هەوڵی بەدی هێنانیان دەدەین.

## سۆسیال- دیموکراسی (پرنسیپ)

رەوتێکی فیکرییە هەوڵ دەدا میکانیزمە ئابورییەکان بە جۆرێك بخاتە گەڕ کەکۆمەڵێکی دادپەروەرترو یەکسانتر بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی بێنێتە دی. لەبنەمادا رەچەڵەکی ئەم رەوتە دەچێتەوە سەر مارکسیزم کە پێی وایە بنیاتنانی سۆسیالیزم پێویستی بە دیموکراسی نیە، بەڵکو پێویستی بە شۆڕش و لەناوبردنی چینە چەوسێنەرەکانە. بەڵام سۆسیال- دیموکراسی وەك رەوتێکی فیکری،

دەستبەرداری تیۆریی پێویستیی بەکارهێنانی توندوتیژی بووەو ڕێچکەیەکی میانڕەوتری بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرامبەر بە سۆسیال- دیموکراسی بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە کە بریتین لە قۆناغی هەڵوێستی نەرێنی (١٩٧٥-١٩٨٠)، قۆناغی لێك نزیك بونەوە (١٩٨٠-١٩٨٦)و قۆناغی هەڵوێستی ئەرێنی (لە ساڵی ١٩٨٦ بەدواوە).

لە قۆناغی هەڵوێستی نەرێنیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سۆسیال- دیموکراسیی بە ئاراستەیەکی لادەر زانیوەو هەمان بۆچونی مارکسیزمی هەبووە کە گوایە سۆسیال- دیموکراسی نۆکەری بورژوازییە لە ناو بزوتنەوەی کرێکاراندا و ئامانجەکەی دەستخەرۆکردنو دورخستنەوەی کرێکارانە لە ڕێبازی شۆڕشگێڕانە.

هەرچەند یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی بەراییدا لە ئەدەبیاتەکانیدا بە دەگمەن چۆتە سەر باس کردنی ئەم مەسەلەیە، بەڵام هەڵوێستی نەرێنیی یەکێتیی نیشتمانی بەرامبەر بە سۆسیال- دیموکراسی ڕەنگدانەوەی لەسەر نۆڕینی سەبارەت بە هەندێ مەسەلە هەبووە، لەوانە هەڵوێستی بەرامبەر وەرگرتنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەو مەرجەی کە ناوی خۆی بگۆڕێ. بزوتنەوەی سۆسیالیست لە سەرەتای دامەزراندندا ناوی «بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان»ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. لە کاتی وتوویژدا بۆ وەرگرتنی بزوتنەوەی سۆسیالیست لەریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، تاڵەبانی مەرجی گۆڕینی ناوی داناو داوای لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیست کرد وشەی «دیموکرات» فڕێ بدەن، ئەمەش بەو پاساوەی کە بزوتنەوەی سۆسیال- دیموکراسی لە جەنگی یەکەمی جیهاندا لە ڕێبازی شۆڕشگێڕانە لایداوەو سەرکردەی گەورەی روس ڤلادیمیر ئیلچ لینین لە نوسینەکاندا ئەم بزوتنەوەیەی ریسوا کردووەو ناوی زڕاندووە. سەرکردایەتیی بزوتنەوە تێبینییەکانی تاڵەبانیی بەهەند وەرگرتو بە ناوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە چووە ناو ریزی یەکێتیی نیشتمانییەوە.

هەروەها لە نامیلکەی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟» کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ بڵاوکراوەتەوە، لە ڕەوتی گێڕانەوەی وردەکارییەکانی گۆڕینی ناوی پارتی بەلشەفیك لە پارتی سۆسیال دیموکراتی کرێکارانی روسیاوە بۆ پارتی کۆمۆنیستی روسیا، باس لەوە کراوە کە وشەی دیموکراسی «ناوەڕۆکێکی بورژوازیی هەیە»و دەستەواژەی سۆسیال- دیموکراسی لەگەڵ «ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانە»دا وێك نایەتەوە.

ئەمە بەم واتایە دێ کەبۆچونی زاڵ بەسەر بیرکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە قۆناغی بەرایی بەرامبەر بە سۆسیال- دیموکراسی ڕەنگدانەوەی راستەوخۆی ئەو بۆچونە خراپەیە کە حزبە کۆمۆنیستەکان لە سەردەمی لینینەوە دەربارەی سۆسیال- دیموکراسی بڵاویان کردۆتەوەو تێیدا وایان نیشان داوە کەسۆسیال دیموکراتەکان ناپاکییان بەرامبەر بە کانیاوە خاوێنەکەی مارکسیزم کردووەو بونەتە نۆکەری بورژوازیو فریودەری تەڤگەری شۆڕشگێڕانەی کرێکاران.

لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە بە هەوڵ و کۆششی ئەندامانو کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوروپا ، لێك نزیك بونەوەیەك لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیونالو لە ناو ڕێکخراوەکەدا لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی فەرەنسادا هاتە ئاراوە. ئەم نزیکبونەوەیە

بەو ئاکامە گەیشت کە لە ساڵی ١٩٨٢دا عومەر شێخموسو ئەحمەد بامەڕنی وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشدارییان لە کۆنگرەی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسادا کردو هەر لەو کۆنگرەیەدا بەهەوڵو ڕەنجی شاندەکەی یەکێتی، بڕیارێك بۆ پشتگیری کردنی خەباتی گەلانی فەلەستینو ئەریتیریاو بیابانی ڕۆژئاواو کوردستان لەپێناوی بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسیندا دەرچوو.

پەیوەندیی دۆستانەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال لایەنە نەیارەکانی ئەو کاتەی یەکێتیی نیشتمانیی وروژاند. ئەو لایەنانە ئەم بابەتەیان کردە کەرەستەیەك بۆ شکاندن و ناوزڕاندنی یەکێتیی نیشتمانی. بەشداریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆنگرەی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا لەرادیۆو بڵاوکراوەکانی بەرەی جود، چەندین وتاری لەسەر نوسرا کە تێیدا یەکێتیی نیشتمانی بەوە تاوانبار دەکرا کە بۆتە نۆکەری سۆسیالیست ئینتەررناسیۆنال و گوایە «ئیمپریالیزمی جیهانی» لە ڕێی حزبە سۆسیال دیموکراتەکانەوە پلانێکی بۆ شێواندنی مەسەلەی کورد بەدەستەوەیە.

لە٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢دا لەوتارێکدا کە نەوشیروان مستەفا نوسیبویو دواتر لەگەڵ چەند وتارێکی دیکەدا لە نامیلکەیەکدا بە ناونیشانی «ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یان چەند مەسەلەیەکە؟» بڵاوکرایەوە، وەڵامی ئەو پرۆپاگەندەو واتەواتانە درایەوەو باس لەوە کرا کە «سۆسیال- دیموکراتەکانی ئەوروپا ئێستا (١٩٨٢) بەشێکی گەورەی چینی کرێکار و نەقابەکانیان لە ژێر دەست دایە. لە سەرانسەری ئەوروپای غەربیدا، لە فەرەنسا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا، نەمسا، سوید، نەرویژ، هۆلاند، بریتانیاو ئیتالیا، تەنانەت لەم وڵاتانەدا حوکمیان گرتۆتە دەست، هەڵبەتە نەك بە ڕێگەی ئینقیلابی عەسکەری یان بە زەبری لولەی تفەنگ، بەڵکو بە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادو ئەو ریفۆرمانەی لە بەرنامەکانیاندا هەیە. سۆسیال دیموکراتەکان ئێستا لە فەرەنسا و سوید و نەمسا حوکمیان بەدەستەوەیەو تا چەند هەفتە لەمەوبەر حوکمی ئەڵمانیای فیدراڵیشیان بەدەستەوە بوو. سۆسیال دیموکراتەکان ئێستا لە پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتاندا قورساییەکی ئەوتۆیان هەیە نە یەکێتیی سۆڤێت و نە چین و نە دەوڵەتانی سۆسیالیستی ترو نە ئەمریکاو نە وڵاتانی دنیای سێیەم ناتوانن پشت گوێیان بخەن. بۆیە هەر هێزێکی کوردستانی بیەوێ مەسەلەی کورد یان هەر مەسەلەیەکی تر بە بیروڕای گشتیی ئەوروپا بناسێنێو هەوڵ بدا پشتیوانیی گەلانی ئەوروپا بەدەست بهێنێ، ناتوانێ سۆسیال- دیموکراتەکان پشت گوێ بخا کە جگە لەوەی چەندین حزبی گەورەو فراوانن، ملیۆنەها کرێکارو سەدان نەقابەی کرێکارییان لەگەڵە، سەدەها ڕۆژنامەو گۆڤارو ئیستگەی رادیۆو تەلەفزیۆن و سینەما و نوسەرو فەیلەسوف و هونەرمەندیان هەیە».

وتارەکە جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە گەلی کورد دەبێ سود لە دۆستایەتیی سوسیالیست ئینتەرناسیۆنال وەرگرێ چونکە «سۆسیال- دیموکراتەکان... یەکێکن لەو لایەنانەی کە جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد دەبێ هەوڵ بدا کە پشتیوانیو لایەنگرییان بەدەست بهێنێو هەوڵی ئەوە بدا لە مەسەلەی ڕەوای کورد بگەنو دۆستایەتیی بکەن، بێ ئەوەی جولانەوەی کوردو هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەربەخۆیی سیاسیو ئایدیۆلۆجیی خۆیان لەدەست بدەن».

وتارەکە بەم پەرەگرافە مەسەلەکەی بڕاندۆتەوە «ئێمە ناساندنی مەسەلەی کوردو بڵاوکردنەوەی هەواڵو دەنگوباسەکانیو سەلماندنی عەدالەتو ڕەوایی ئامانجەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لەسەر ئاستی جیهان بەگەلانی دنیا و

حزب و ڕێکخراوە سیاسیو نەقابیو ئینسانییەکانیو بەدەزگاکانی ئیعلام (راگەیاندن)و بیروڕای گشتی، لە ناو ئەوانەدا بەسۆسیال- دیموکراتەکان، بەیەکێك لە ئەرکەکانی هەڤاڵانی دەرەوەی وڵاتمان دەزانین کە خۆشبەختانە تا ئێستا ئەنجامی باش و سەرکەوتنی باشمان تێدا بەدەست هێناوە».

لایەنەکانی بەرەی جود تا ساڵی ١٩٨٣ هەر بالۆرەی نۆکەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بۆ سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال لێ دەدا. پاش شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٣ی قەندیل کە تێیدا هێزەکانی بەرەی جود کشانەوە بۆ ناو خاکی ئێران، پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بە زمانی عەرەبی تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دەستی لە جێبەجێ کردنی پیلانێکدا هەیە کە «ناوەندەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (سۆسیال- دیموکرات)و هەموو رژێمو هێزە کۆنەپەرستە رەشەکانی دوژمنی گەلی عیراقو گەلی کورد» دایانناوە. هەروەها حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا هەمان تۆمەتی دوبارە کردەوە گوایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان «بە هاوکاریی رژێمی فاشیی بەغداو ئاغاکانیان لە ئیمپریالیزمو هەندێ سەرکردایەتیی سۆشیال دیموکراتەکانی رۆژئاوا» جێبەجێکەری پیلانێکە لە دژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە قۆناغی سێیەمدا پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سۆسیالیست ئینتەرناسیونال زۆرتر پەرەیان سەند، بە تایبەتی پاش دەستکردن بە چاکسازی لە یەکێتیی سۆڤێت لەسەر دەستی سەرۆکی یەکێتیی سۆڤێت میخائیل گۆرباچۆف کە لە بەرەنجامی کۆتاییدا بونە مایەی کاڵ کردنەوەی کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا لەسەر سیاسەت. ئەم گۆڕانکارییانە رەنگدانەوەی کاریگەریان لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، بەڕادەیەك کە لە ساڵی ١٩٨٩دا پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەی هەردوو باڵەکەی کۆمەڵەی رەنجدەرانو یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانو یەکگرتنەوەیان لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هاتە ئاراوە.

لە سەرەتای دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێت و هەرەس هێنانی بلۆکی کۆمۆنیستدا، لە سۆنگەی کۆتایی هاتنی جیهانی ئایدیۆلۆژیاو پوکانەوەی کۆمۆنیزمەوە، بیروباوەڕی سۆسیال- دیموکراسی لە پانتاییەکی فراوانتردا بڵاو بۆوەو تاوی سەند.

لە کۆنگرەی یەکەمی ١٩٩٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، تاڵەبانی لەراپۆرتی سیاسیدا بانگەشەی بۆ «سۆسیالیزمێکی دیموکرات و مرۆڤپەروەرانە» کرد. کۆنگرەش بڕیاریدا جیهانبینیی سۆسیال- دیموکراسی پیادە بکاو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك «ڕێکخراوێکی سۆسیال- دیموکرات» بناسێنێ.

لە ساڵی ٢٠٠٣دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆنگرەی سانپاولۆی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال بە ئەندامی چاودێر وەرگیراو لە ساڵی ٢٠٠٨دا لە کۆنگرەی ئەسینا پلەی ئەندامی هەمیشەیی وەرگرت.

لە دیکۆمێنتە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چوارەم لە ساڵی ٢٠١٩، تێڕوانینە سۆسیالیستییە- دیموکراتییەکان لە ستراکچەری گشتیی پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامدا، بە شێوەیەکی زەقتر و قوڵتر، رەنگیان داوەتەوە. بەپێی پرۆگرام، حزب بۆ «جێبەجێکردنی بنەماکانی سۆشیالیست-

دیموکرات» تێدەکۆشێ. پڕۆگرام، بە دیاریکراوی، پرسەکەی ورد کردۆتەوە و نیشانی داوە کە «بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و ژیانێکی سەردەمیانە بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ« بەشێکە لە ئامانجەکانی حزب، هەروەها لە ئاماژەیەکی راشکاوانەدا بۆ پێویستیی رەنگدانەوەی تێڕوانینە سۆسیالیستییە دیموکراتییەکان لە سیاسەتی حزبدا، پڕۆگرام ئەوەی بڕاندۆتەوە کە حزب «پابەندە بە سیاسەت و جیهانبینیی (رێکخراوی) سۆشیالیست ئینتەرناشنال» و نیشانی داوە کە دەبێ ئەم پابەندبونە «لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهان» رەنگدانەوەی لەسەر سیاسەت و هەڵسوکەوتی حزب هەبێ، بەڵام لە بەرامبەردا ئەو مەرجەی داناوە کە دەبێ ئەو پابەندبونە «تایبەتمەندیی هەلومەرجەکانی کوردستان و عیراق» لە بەرچاو بگرێت کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ پێویستیی پشت گوێ نەخستنی ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوریی کۆمەڵگا. بە مانایەکی تر، پڕۆگرام وای دەبینێ کە جێبەجێکردنی پرنسیپە سۆسیالیستییە دیموکراتییەکان لە کوردستان پێویستی بە پراکتیزەیەکی دینامیکییە، دور لە لاسایی کردنەوەی میکانیکی و بە رەچاوکردنی ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی- ئابوریی کۆمەڵگا.

بە شێوەیەکی گشتی، تێڕوانینە سۆسیالیستە دیموکراتییەکان لە ناو پڕۆگرام، لە بابەتەکانی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان، ژنان، نیشتەجێبون، ژینگە، تەندروستی، پەروەردە، لاوان و ئامانجە ئابورییەکاندا زۆر بە رونی رەنگیان داوەتەوە.

سۆسیال دیموکراسی: بیرێکی سیاسییە بانگەشە بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی سەرمایەداری بە شێنەییو بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە چوارچێوەی دیموکراسیو سەروەریی یاسادا دەکا. سۆسیال دیموکراسی لە بنەڕەتدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەسەر دەستی مارکسیستەکان، هاتۆتە ئاراوە. لە سەرەتای دەستپێکیدا هەموو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان کە داوای روخاندنی سەرمایەدارییان دەکرد، لە ژێر چەتری سۆسیال دیموکراسیدا تێدەکۆشان بەڵام دواتر سۆسیال دیموکراسی بووە بیروڕای لایەنگرانی گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری بە شێوەیەکی ئاشتییانەو کردنی بە سیستمێکی مرۆڤانەترو دادپەروەرترو یەکسانتر.

سۆسیال دیموکراسیی مۆدێرن کار بە دیموکراسییەکی کۆمەڵایەتی- ئابوری دەکا بۆ بە خۆڕایی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکانی وەك فێرکاریو دابین کردنی مافی منداڵانو بەساڵاچووان. سۆسیال دیموکراسی سیستمی ئابوریی تێکەڵاوو ئابوریی کۆمەڵایەتیی بازاڕ پیادە دەکا، هەوڵ دەدا زۆرترین مافو قازانج بۆ رەنجدەران دابین بکات و بۆ هێنانە دیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو بنیاتنانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، سەرقاڵی تێکهەڵکێش کردنی توخمە سۆسیالیستو سەرمایەدارییەکانە.

سۆسیالیست ئینتەرناسیونال: رێکخراوێکی جیهانییە لە حزبە سۆسیالیست و سۆسیال- دیموکراتەکانو حزبە کرێکارییەکان پێکدێ. ساڵی ١٩٥١ یەکەم کۆنگرەی لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا بەستووە. سەرۆکەکانی ئەمانەن: مۆرگان فلپس (١٩٥١- ١٩٥٧)، ئەلسینگ ئەندرسن (١٩٥٧- ١٩٦٢)، ئێریش ئۆلینهاوەر (١٩٦٣)، بروونۆ پیتەرمان (١٩٦٤- ١٩٧٦)، ڤیللی برانت (١٩٧٦- ١٩٩٢)، پیەر ماورۆی (١٩٩٢- ١٩٩٩)، ئەنتۆنیۆ گاتیریس (١٩٩٩- ٢٠٠٥)و جۆرج پاپاندریۆ (لە ٢٠٠٦ بەدواوە).

## سەپان (دەزگا)

کورتکراوەی سەرکردایەتیی پارتیزانەکانی ناوخۆ. ئۆرگانێکە لە کۆبونەوەی ٢٩ی ئەیلولی ١٩٨٩ی قاسمە ڕەش کە بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی بەڕێوە چووە، بڕیاری پێکهێنانی دراوە. کۆبونەوەکە ڕەوشی کوردستانی پاش شاڵاوی ئەنفالەکانو کۆتایی هاتنی جەنگی عیراق- ئێران تاوتوێ کردو لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە پێویستە پەرە بە مەفرەزە پارتیزانەکان بدرێو ئۆرگانێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری یەکە پارتیزانەکانو سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی ڕێکخستنیان پێك بهێنرێو لەم سەروبەندەدا بڕیار لەسەر پێکهێنانی سەرکردایەتیی پارتیزانەکانی ناوخۆ (سەپان) درا.

لەو کۆبونەوەیەدا جەبار فەرمان بە لێپرسراوی دەزگاکە دانراو چەتۆ حەویزیو ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود کرانە ئەندام تێیدا. دواتر، سێ مەکتەب بۆ دەزگاکە پێك هێنراو بۆ هەر یەکێکیان سنورێکی جوگرافیی دیاریکراو بۆ نواندنی چالاکیو هەڵسوڕان تێیدا دیاری کراو بۆ هەر مەکتەبێکیش لێپرسراوێك دانرا. بەم پێیە، مەکتەبێك بۆ مەڵبەندی یەك بەلێپرسراوەتیی مەحمود سەنگاوی پێکهێنرا کە سنوری چالاکیی، ناوچەکانی قەرەداغ، گەرمیانو بەشێکی شارەزور بوو. مەکتەبێکیش بۆ مەڵبەندی دوو بەلێپرسراوەتیی غەریب هەڵەدنی پێکهێنرا کە ناوچەکانی سلێمانی، شارباژێر، ماوەت، دوکان، ئاغجەلەر، پشدەرو بیتوێنی گرتۆتەوە. مەکتەبێکی تریش بۆ مەڵبەندی سێ بە لێپرسراوەتیی ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود پێکهێنرا کە سنوری پارێزگای هەولێری گرتۆتەوە.

دەزگاکە لەبەر چەند فاکتەرێك کە پەیوەندییان بەهەلومەرجی ئەو سەردەمەوە هەیە، نەیتوانی ئامانجە خوازراوەکانی بەدی بێنێ. بۆیە بیر لەوە کرایەوە کەفۆرمێکی گونجاوترو شیاوی بەردەوامبون بۆ مشورخواردنی کاروباری یەکە پارتیزانەکان دابهێنرێ.

لە ئایاری ١٩٩٠دا نەوشیروان مستەفا، جێگری سکرتێری گشتی، هەر یەك لە بێستون سابوراواییو کوردۆ قاسمی ڕاسپارد فۆرمێکی نوێ بۆ سەرپەرشتی کردنی مەفرەزە پارتیزانەکان دابڕێژن. هەرچەند فۆرمەکە بە شێوەی دامەزراوەیەکی تایبەتمەند داڕێژرا، بەڵام هێشتا شێوازی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، بۆیە دامەزراوەکە بەبێ ئەوەی هیچ ناوێکی بۆ دابندرێ، هەر ئەوەندەی پێ کرا کە بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوام بێ.

دواتر، لە تەموزی ئەو ساڵەدا کۆمیتەیەك بە ناوی «کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت» بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کەپێشتر خرابونەوە ئەستۆی سەپانەوە، پێك هات. ئەم کۆمیتەیە ئەزمونێکی سەرکەوتوتری پێشکەش کرد و توانی هەموو ئەرکە پێسپێردراوەکانی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکا.

## سەرباز ئەحمەد*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو جێگری فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی سەرباز ئەحمەد مام خدر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤دوا بە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی چوار ساڵی ئاشتی و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، وەك هەست کردنێك بە

لێپرساوەتیی نەتەوەیی، لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. زانیارییەکی زۆر دەربارەی ئەم قۆناغەی ژیانی دەستناکەوێ، بەڵام پێدەچێ هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ زۆر کاری تێ کردبێ، چونکە چەند مانگێك پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، لە ڕێی خالید سەعیدەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو پاشانیش ئامادەیی دەربڕی کە بەشدار بێ لە پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا.

لە ساڵی ١٩٧٦دا بۆ جاری دووەم لە ژیانیدا چەکی هەڵگرت و بەشدار بوو لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و لە سنوری قەندیل و خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە پێشمەرگایەتیی کرد. پاش پێکهێنانی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٧٧، لە سنوری ئەم هەرێمە درێژەی بە ئەرکە پێشمەرگەییەکانی خۆی دا. لە نیسانی ساڵی ١٩٧٨دا بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا کرد کە ئامانجەکەی گواستنەوەی چەك بوو لە سوریاوە بۆ کوردستان لەم سەروبەندەدا لەگەڵ بەشی یەکەمی هێزەکەدا، بە دیوی ئێرانداو سنوراوسنور، کەوتە ڕێ. لە حوزەیراندا لە شەڕێکدا لەگەڵ چەکدارە خێڵەکییەکانی ناوچەی هەکاری لە تورکیا، بە دیل گیراو دواتر رادەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کراو خرایە زیندانەوە. بەڵام لە دەرفەتێکی گونجاودا لە زیندان رایکردو خۆی گەیاندە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە زەڵێ.

دوا بە دوای ئەمە، کرایە فەرماندەی مەفرەزەو رەوانەی بناری کۆسرەت و دۆڵی خەلەکان و دەشتی کۆیە کرا لە سنوری هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە چەند چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا کە لە ناوچەکەدا دەنگیان دایەوە.

ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەویش جیا بۆوە. پاش ئەوەی جیابووەکان حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان پێك هێنا، لە ناو ئەو حزبەدا درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی دا.

ساڵی ١٩٨٢ گەڕایەوە بۆ ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەر ئەو ساڵە لەگەڵ پێکهێنانی تیپی ٩٣ی کۆیە، کرایە جێگری فەرماندەی تیپەکە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕی شیوەشان (١٩٧٨)و ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان (١٩٨٢).

لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٣دا لە سەروبەندی شەڕی ناوخۆدا لە بۆسەیەکدا کە هێزەکانی بەرەی جود لە گوندی باداوانی چناران لە دۆڵی خەلەکان دایاننابوو، لەگەڵ فەرماندەی تیپ محەمەد مەحمود باخ ناسراو بە شێخ شەماڵی باخ و سێ پێشمەرگەی تر شەهید بوو. لە سێ پێشمەرگەکە، دووانیان بە ناوی سەعدی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە سەعدی گەرمکی و کامەران فارس حەمەد ناسراو بە کامەران کاکە ڕەش، پێشمەرگەی دەستەکەی خۆی بون.

## سەربەست ئیبراهیم رەسول



پێشمەرگەی دێرین و کادیری ڕێکخستن و مامۆستای زانکۆ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی سلێمانی. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووەو پاشان چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسڵ و

لەوێ بەشی دەرهێنانی شانۆیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لەو ماوەیەی کە خوێندکار بوو لە موسڵ، چالاکییەکی زۆر لە ناو ڕێکخستنەکانی موسڵ و بادینان نواند کە یارمەتیی دا ببێتە جێگری لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی بادینان رەئوف ئاکرەیی. ساڵی ١٩٨٢ خرایە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکان و هەر ئەو ساڵە لە موسڵ دەستگیر کرا و بۆ ماوەی ساڵێك و دوو مانگ تەنگی پێ هەڵچنراو خرایە ژێر ئەشکەنجەوە، بەڵام هەر بەرگەی گرت و هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنەکانی نەدرکاند. رقی دەزگا ئەمنییەکان لێی، گەیشتە رادەیەك کە سەرەڕای دەرچونی لێبوردنی گشتی بۆ گیراوو زیندانیکراوەکان، هەر ئازاد نەکرا. بەڵام لە کۆتاییدا، لەبەر ساغ نەبونەوەی هیچ شتێك لەسەری، لە ساڵی ١٩٨٣ ئازاد کرا.

هەر ئەو ساڵە لە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە سنوری مەڵبەندی ١ وەك کادیری ڕێکخستن ئەرکەکانی خۆی بەجێ هێنا. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە شاری سەقز گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٨٩ بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن، چوو بۆ یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو و ماوەیەك لە مۆسکۆ گیرسایەوە. پاشان دەستی کرد بە خوێندن لە ئەکادیمیای شانۆی باڵا لە شاری لینینگراد، ئەو شارەی کە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت ناوە دێرینەکەی خۆی، سان پترۆسبۆرگ، بەدەست هێنایەوە. ساڵی ١٩٩٠ یەکێتیی سۆڤێتی بەجێ هێشت و روی کردە سوید.

ساڵی ١٩٩٤، پاش ئەوەی کاروباری ژیانی خۆی ڕێکخستەوە و پێداویستییەکانی خوێندنی تەواو کرد، گەڕایەوە بۆ روسیاو لە ئەکادیمیای سینەمای باڵا ناسراو بە ڤگیك دەستی بە خوێندن کرد. ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری فلیمسازیدا بەدەست هێناو ساڵی ٢٠٠٢ لە هەمان بواردا بڕوانامەی ماستەری وەرگرت.

لەو ماوەیەی کە لە روسیا بووە، سێ فیلمی سینەمای بەرهەم هێناوە، لەوانە فیلمی «سێبەر» کە بەشدار بووە لە فیستڤاڵە سینەماییەکانی روسیا، ئەڵمانیا، سویدو بریتانیا. ساڵی ١٩٩٩ لە کوردستان بە فیلمی «دیاری» بەشدار بوو لە یەکەم فیستڤاڵی سلێمانی کە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ڕێکی خستبوو. جگە لە فیلمی سینەمایی، پێنج فیلمی دیکۆمێنتاریی هەیە، ٣ لەسەر کوردستان و ٢ لەسەر ژیانی دەرەوەی وڵات.

ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بەشدار بوو لە دامەزراندنی پەیمانگای سینەما لە سلێمانی.


لە روسیا بەردەوام بوو لەسەر خوێندنی باڵا و ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری هونەری سینەما بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠١٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بووە مامۆستا لە بەشی سینەمای کۆلیجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی. ساڵی ٢٠١٨ کرایە یاریدەدەری راگر لە کۆلیجی هونەرە جوانەکان.

لە کوردستاندا کاری بۆ برەودان بە هونەری سینەما کردووەو لەم سەروبەندەدا چەند جارێك لە فیستڤاڵەکانی هەولێرو سلێمانی دادوەر یان سەرۆکی دادوەران بووە.

## سەربەست حسێن محەمەد ئەمین



پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی شاری رانیە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. لە ساڵی ١٩٨١دا خوێندنی لە کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە و لە




تەموزی ساڵی دواتردا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە و لە تیپی ٦٨ی مامەندە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردووە.

لە ئازاری ساڵی ١٩٨٣دا گوێزرایەوە بۆ بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە گوندی باوزێ. لەوێ لە بەشی کرمانجیی خوارووەدا کاری کردو لە ساڵی ١٩٨٦دا بوو بەلێپرسراوی بەشەکە. لەو ماوەیەدا ئەرکی نوسینی چەندین وتاری لە رادیۆو رۆژنامەی «رێبازی نوێ» گرتە ئەستۆو بەرنامەیەکی هەفتانەشی لەرادیۆ بە ناوی «خەباتی گەلان» ئامادە کرد کە هەر خۆیشی پێشکەشی دەکرد. دواتر، بەشێك لەبابەتەکانی بەرنامەی «خەباتی گەلان» لە نامیلکەیەکدا کۆکرانەوەو لە چاپخانەی برایم عەزۆ چاپ کران. ساڵی ١٩٨٤ زنجیرە وتارێکی دەربارەی ئێزدییەکان لە رادیۆ بڵاوکردەوەو زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکیشی دەربارەی هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەرامبەر بەمەسەلەی کورد لەگۆڤاری «کۆمەڵە»دا بڵاو کردەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ لە بەریتانیا گیرسایەوەو لە ماوەی نێوان ١٩٩٠- ١٩٩٤ بەلێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی بریتانیا هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٢ بڕوانامەی ماجستێری لە ئەندازیاریی بیناسازی لە زانکۆی وێستمنستەری لەندەن و هەمان ساڵ بڕوانامەی PGCEی خوێندنی باڵای لە وانە وتنەوە لە زانکۆی گرینیچی لەندەن بەدەستهێنا. هەر لەو ساڵەشدا بووە مامۆستای ئەندازیاریی شارستانی لە کۆلێجی مد کێنتی سەر بە زانکۆی کێنت لە بریتانیا. ساڵی ١٩٩٤ کرایە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بریتانیا.

ساڵی ١٩٩٥ کۆمپانیای بەڵێندەرایەتیی گشتیی میترای لە بریتانیا دامەزراندو ساڵی دواتر خزمەتگوزارییەکانی ئەو کۆمپانیایەی بۆ کوردستان گواستەوە. ساڵی ٢٠٠٦ بووە راوێژکارو ئەندامی ستیرنگ کۆمتی شارەوانیی سلێمانی لە بواری سەرپەرشتی کردنی ماستەر پلانی شاری سلێمانی.


ساڵی ٢٠٠٧ نوسەری بەناوبانگی ئەمریکا، جین ساسون، کتێبێکی لەسەر ژیانی سەربەست و خێزانەکەی، جوان، بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوەو تێیدا سەربهوردەی هەردوکیانی لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بە خوێنەران ئاشنا کرد. کتێبەکە دەمودەست بوو بە پڕفرۆشترین کتێب لە ئەمریکا، دواتریش بۆ سەر ١٩ زمان وەرگێڕدرا لەوانە زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکان، کۆری، ژاپۆنی، سیریلانکی، عەرەبی و دواتریش لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانەوە بە زمانی کوردی بە ناونیشانی «ئەوین لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا» بڵاو کرایەوە.

لە ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١٠ سەرپەرشتیی ماستەر پلانەکانی شاری پێنجوێن و هەڵەبجەی کرد. ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی ماستەری لە دادپەروەریی سیاسی لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی بەدەست هێنا.

بەرهەمە چاپکراوەکانی: «خەباتی گەلان» (١٩٨٤)،

«ئێزدییەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا» (چاپی یەکەم ١٩٨٤، چاپی دووەم ٢٠٠٣، چاپی سێیەم ٢٠١٢).

## سەردار سەعید سۆفی*



فەرماندەی کەرت و پێشمەرگەی چالاکییەکانی ناوشار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی شاری هەولێر. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە.
ساڵی ١٩٨٠، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا، کاتێك لە پۆلی دووەمی ناوەندی بوو، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە. لەو قۆناغەدا ئەرکی تەتەری پێ سپێردراوەو لەم سەروبەندەدا زوو زوو سەردانی ئۆردوگای بەستەستێنی کردوە، نامەکانی ڕێکخستنی هەولێری رادەستی ڕێکخستنەکانی بەستەستێن کردووەو نامەکانی سەرکردایەتی‌و مەکتەبی ڕێکخستن‌و چاپەمەنییە نهێنییەکانی گەیاندۆتە هەولێر.
لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢دا کە خوێندکاران رۆڵێکی سەرەکییان تێدا گێڕاوە، جەربەزەییەکی زۆری نواند. بەشداریی کارای لەم خۆپیشاندانانە سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی بەلایدا راکێشا، ساڵی ١٩٨٣، کاتێك لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو، دەزگا ئەمنییەکان دەستگیریان کرد بەڵام هیچیان لێ هەڵنەکڕاندو ناچار بون ئازادی بکەن. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری مەڵبەندی سێ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.
ساڵی ١٩٨٥ پاش کۆتایی هاتنی وتوویژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و حکومەتی عیراق، بە قارەمانی گرتنی یەکەم رەبیەی ناوچەی هیران ناوی دەرکرد، لەو ساڵە بەدواوە زۆرتر خۆی بۆ ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانەی ناو شارەکان تەرخان کرد. لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر چالاکیی دژی ئەفسەرانی سوپای عیراق‌و کاربەدەستە باڵاکانی حکومەت و دەزگا ئەمنییەکان‌و کادیرەکانی حزبی بەعس لە ناو شاری هەولێرو دەوروبەری ئەنجامداوە کە سەرجەمی دەگاتە ٨٤ چالاکی. بەشێکی ئەم چالاکییانە لەسەر ڕێگای هەولێر ـ مەخمورو هەولێر ـ کۆیەو هەولێر ـ قوشتەپەو هەولێر ـ موسڵ ئەنجام دراون‌و لەدەرفەتێکی دەگمەنیشدا توانی یەکێ لە چالاکییەکانی بگەیەنێتە نزیك شارۆچکەی بەرتللەی سەر بە پارێزگای نەینەوا. یەکێ لە گەورەترین چالاکییەکانی، تەقەکردنە لە پارێزگاری هەولێر برایم زەنگەنە لەسەر شەقامی سەرەکیی مەنتکاوە، خۆی‌و دوو هاوڕێی، لە ١٩ی ئازاری ١٩٨٦ کە دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی هەبوو. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی کەرتی ٣ی شەهیدانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.
لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٨٧ لە شەڕێکدا لە چیای کێشکە لەدەربەندی گۆمەسپانی ناوچەی هەولێر شەهید بوو.

## سەردار هەرکی



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی سەردار سەباح بۆزۆ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٠ی گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە

هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا، لەگەڵ شانە چەکدارەکاندا بەشداریی لە هێرشکردنە سەر بارەگای هەواڵگری کرد و لەو هێرشە بریندار بوو. ساڵی ١٩٩٣ بووە جێگری فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی ١٠ی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٩٤ کرایە جێگری فەرماندەی تیپ لە لەشکری قەرەچوغ.

ساڵی ١٩٩٨ خوێندنی کۆلیجی مافی لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری مافدا بەدەستهێنا. ساڵی دواتر، دەستی بە پیشەی پارێزەری کرد.

ساڵی ٢٠٠٣ بووە لێپرسراوی ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە شاری موسڵ. ساڵی ٢٠٠٥ بووە بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان لە مەڵبەندی ڕێکخستنی موسڵ. لەوێ، لە دەستپێشخەرییەکی جوامێرانەدا بۆ بنیاتنانەوەی متمانە لە نێوان کورد و عەربی موسڵ، پێشنیاری پێکهێنانی دەستەی کاری هاوبەشی لە موسڵ کرد کە ١٣ لایەنی سیاسی پێشوازییان لێ کرد و لە بەرەنجامی کۆتاییدا بازنەی دەستپێشخەرییەکە فراوانتر بوو و ژمارەی لایەنە سیاسییە بەشدارەکان گەیشتە ٢٣ لایەنی سیاسی و بە کۆی دەنگی نوێنەرانی ئەو لایەنانە، بە سکرتێری دەستەکە هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە، لەسەر لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان کە لیستی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا. دواتر، بووە بڕیاردەری لیژنەی ناوخۆ و ئەندامی لیژنەی یاسایی. لەو ماوەیەدا ژمارەیەك پڕۆژە یاسای گرنگی ئامادە کرد، لەوانە پڕۆژە یاسای ڕێکخستنی بازرگانی و پڕۆژە یاسای بەرپەرچدانەوەی گەندەڵی، هەروەها پڕۆژە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری کە لە خولی سێیەمی پەرلەمان پەسند کرا و بووە یاسا.

ساڵی ٢٠١١ سەرۆکایەتی ڕێکخراوێکی کرد بە ناوی ناوەندی هزری یاسایی کە کۆمەڵەیەکی سەربەخۆیەو ئامانجەکەی پاراستنی سەربەخۆیی دادوەری و سەروەریی یاسایە. ساڵی ٢٠١٩ کەیسێکی یاسایی گرنگی لە دادگای فیدراڵ بردەوە کە بووە مایەی گێڕانەوەی مافی دەنگدان بۆ نزیکەی ٧٥ هەزار دەنگدەری کورد لە شاری کەرکوك. هەر ئەو ساڵە، لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی نەینەوا، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی کارای لە گفتوگۆکانی پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆدا گێڕا، هەروەك بەشداریش بوو لە ئەندامەتیی ئەو تیمەی کە لە گفتوگۆکانی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسیدا، نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کردووە.

## سەرزەل (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو جاشەکان لەگوندی سەرزەل لە قەرەداغ لە ٣٠ی ئازاری ١٩٧٨. فڕۆکەی شەڕکەرو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە دەنگ جاشەکانەوە چوون. پاش شەڕێکی سەخت، سوپاو جاشەکان تا سەربازگەی تیمار ڕاو نران.

لە ئەنجامی شەڕەکەدا ١٥ جاش و ٢٠ سەرباز کوژران و بریندار بوون و ١ هەلیکۆپتەر پێکرا. لە هێزی پێشمەرگەش، سێ پێشمەرگە بریندار بوون.

## سەرنەوس (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان دەستەیەك پێشمەرگەی هەرێمی ٧ی باڵەک و هێزێکی سوپای عیراق لەسەر ڕێگای نێوان سەرنەوس و ڕەژیکەریان لە ١٩ی شوباتی ١٩٧٩دا.

پێشمەرگەکان لەسەر ڕێگاکە بۆسەیان نابۆوەو زیلێکی سوپا کەوتبووە بۆسەکەوە. لەو شەڕەدا ١٧ سەرباز کوژران و ١٠ سەربازی دیکەش بریندار بوون. پێشمەرگە هیچ زیانی نەبوو. بۆ ڕۆژی دواتر هەمان دەستەی پێشمەرگە بە ئار بی جی و کلاشنکۆف لە ڕەبایەیەکی سوپایان دا لەگوندی دێرێ و ٨ سەربازیان تێدا بریندار کرد.

## سەرکەوت (نەخشەی عەسکەری)


نەخشەی گرتنی شارۆچکەی بێتواتە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣. ناوی نەخشەکە لە ناوی حزبیی جەمال تاهیرەوە وەرگیراوە کە لە سلێمانی لێپرسراوی کۆمیتەی هەڵمەت و پاشان لێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ بوو. جەمال تاهیر لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٨٣دا لە کاتێکدا کە بەرەو بالیسان، بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی، بەڕێ کەوتبوو، لەسەر ڕێی خەلیفان — بالیسان بەکارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستدابوو.

کاتێك ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە دەستی پێکرد، پێنج مانگ بەسەر کۆچی دوایی جەمال تاهیردا تێپەڕی بوو. وەك ڕێزێك لە یادی جەمال تاهیر کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك سەرکردەیەکی بەتوانا زۆر ئومێدیان لەسەر هەڵچنی بوو و لێیان رادەبینی کە لە ئایندەدا بتوانێ ڕۆڵی گەورەتر بگێڕێ، تاڵەبانی نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکەی بە ناوی ئەوەوە ناو نا. ئۆپەراسیۆنەکە کە خودی تاڵەبانی سەرپەرشتیی کردووە، ئامانجەکانی بەدەست هێنا و لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣دا هێزی پێشمەرگە بەتەواوی دەستی بەسەر بێتواتە و دەوروبەریدا گرت.

بابەتی پەیوەندیدار:

* بێتواتە (ئۆپەراسیۆن).

## سەرکەوت حەسەن جەلال



پێشمەرگەی دێرین و کادیری ئاسایش. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە بەڵام هەر ئەو ساڵە بە هۆی گیرانی ڕێکخەرەکەیەوە، لە ڕێکخستنەکان دابڕاوە. ساڵی ١٩٧٨ بۆ جاری دووەم پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردەوەو هەر ئەو ساڵە کرایە بەرپرسی شانەیەکی پێنج کەسی لە سلێمانی.

ساڵی ١٩٨١ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا بەڵام پاش ئەوەی کە هیچی لەسەر ساغ نەکرایەوە ئازاد کرا. هەمان ساڵ پۆلی شەشەمی دواناوەندیی تەواو کردو لە پەیمانگای پزیشکیی هەولێر وەرگیرا، بەڵام ئاشکرابونی بەشێکی ڕێکخستنە نهێنییەکان هیچ دەرفەتێکی بۆ خوێندن بۆ نەهێشتەوەو هانی دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکا.

لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردو دواتر بۆ کەرتی ٣ی هەرێمی ٣ی شارباژێر گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٤ بووە جێگری فەرماندەی کەرتی تیپ لە تیپی ٣٣ی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی

٤٧ی پیرەمەگرون. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووەو دوو جار بریندار بووە، جارێك لە ساڵی ١٩٨٥ لە شەڕێکدا لەگوندی چەناخچیانو جارێکی دی لە ساڵی ١٩٨٧ لە گوندی سەرگەڵووی دۆڵی جافەتی لە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراقدا.

ساڵی ١٩٨٨ پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، ماوەیەك لە شاری سەقز گیرساوەتەوەو پاشان لە گوندی کانی دینار. ساڵی ١٩٩٠وەك بەرپرسی رەتلێکی پارتیزانی گەڕایەوە بۆ ناوچەی شارباژێڕ.

ساڵی ١٩٩١ بەشدارییەکی کارای لەڕاپەڕیندا کردو لە ناوچەی سلێمانیدا ئەرکە پێ سپێردراوەکانی جێبەجێ کرد. هەر ئەو ساڵە کرایە جێگری فەرماندەی هێز و بەرپرسی هەواڵگریی هێزی ٢ی قەرەداغ. لە ساڵی ١٩٩٢ دا بەشدار بوو لە دامەزراندنی دەزگای زانیاریدا.

ساڵی ١٩٩٣ بووەتە بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوشاری سلێمانی. ساڵی ١٩٩٧ بووەتە جێگری بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی. ساڵی دواتر بووەتە بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٦ بووەتە راوێژکاری ئاسایش لە وەزارەتی ناوخۆ. ساڵی ٢٠٠٨ بە پلەی راوێژکار خانەنشین کراوەو هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کردوە.

لە ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٨دا لە رۆژانی کۆتایی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا، پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان پچڕاند و گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر




کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٤ی شاری هەولێر. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٩٧دا بەکالۆریۆسی مێژوی لە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٩١ یەکێك بووە لەو مانگرتووانەی کە لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر مانیان گرتو داوایان کرد نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵی لە پاراستنی گەلی کورددا هەبێ. ساڵی ١٩٩٣ وەرچەرخایە سەر کارکردن لە رێکخستنی خوێندکاراندا و وەك ئەندامی لقی هەولێری کۆمەڵەی خوێندکارانو لە مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێریش وەك ئەندامی کۆمیتەی رێکخستنی خوێندکاران کاری کرد. لە ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٦ کارگێڕی کۆمیتەی رێکخستنی خوێندکاران بوو لە هەولێر.

پاش رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کە تێیدا هێزەکانی گاردی کۆماری عیراقو پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان بەسەر هەولێردا گرت، هەولێری بەجێ هێشت و لە سلێمانی گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا وەك کارگێڕی کۆمیتەی رێکخستنی ئاوارەکانی هەولێر لە سلێمانی کاری کردووەو لە هەمان کاتیشدا لێپرسراوەتیی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانی گرتۆتە ئەستۆ.

لە ئەیلولی ١٩٩٧دا لە ژمارە ٢١ بەدواوە بووەتە




سەرنوسەری ڕۆژنامەی «ڕێبازی خوێندکاران». دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٩٨دا بڕیار دراوە ڕۆژنامەکە بە هەمان ناو بکرێ بەگۆڤار، بەردەوام بووە لەسەر کارکردن وەك سەرنوسەری گۆڤارەکە.

ساڵی ١٩٩٩ دەستی بەوانە وتنەوە کرد لە بەشی مێژوی زانکۆکانی سلێمانیو کۆیە. ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماجستێری مێژوی لە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٤ ئەرکی لێپرساوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆی کۆیەی پێ سپێردرا و لە هەمان کاتدا وەك کارگێڕ لە مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە کاری کرد.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنو هەر ئەو ساڵە لە ژمارە ٤٣وە تا ژمارە ٥١ وەك جێگری سەرنوسەر لەگۆڤاری «ڕێبازی نوێ» کاری کرد. ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی وەدەست هێنا.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩دا بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی هەڵبژێردرا. لە ماوەی چوار ساڵی پەرلەماندا ئەندامی هەردوو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو بڕیاردەری لیژنەی دەستپاکیو ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیریو پەیوەندییەکان بوو.

دیارترین بەرهەمەکانی: «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش» (٢٠٠٢)، «کارەساتی قەڵای دمدم لە نێوان سەرچاوە مێژووییەکان و تێکستە فۆلکۆرییەکاندا» (٢٠٠٨) .

بابەتی پەیوەندیدار:

*ڕێبازی خوێندکاران (ڕۆژنامە).

## سەروەریی یاسا (پرنسیپ)

یەکێکە لە ئامانجە گشتییە گرنگەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پرنسیپی سەروەریی یاسا بەشێکی چەمکی دەوڵەتی یاسا پێکدێنێ. پابەندبونی دەوڵەت بە یاساوە بەوە دێتە دی کە ئۆرگانەکانی دەوڵەت ملکەچی یاسا بن. یەکێك لە گرنگترین مەرجەکانی دەوڵەتی یاسا، بونی دادوەرییەکی سەربەخۆیە کە تێیدا دادوەری دەبێتە چاودێر بەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتەوە. پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کاتی بەسەرکردنەوەی ئامانجە سیاسییە گشتییەکاندا، زۆر بە چڕی گوزارشتی لەم چەمکە کردووەو بڕیاری لەسەر ئەوە داوە کە «دادوەری سەربەخۆیە. دادوەری جگە لە یاسا ملکەچی هیچ دەسەڵاتێك نابێ، دوریش دەبێ لەدەستێوەردانی دەسەڵاتەکانی تر». ئەم دەقە، هاوئاهەنگو تەبایە لەگەڵ دوو مەرجی دەوڵەتی یاسا کە بریتین لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر و بونی دادوەرییەکی چاودێر.

ديكۆمێنتەكانی كۆنگرەی دووەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بە چەشنێكی تر گوزارشت لە هەمان بیرۆكە دەكەن. لە پرۆگرامی پەسندكراوی كۆنگرەدا گوزارەی «چەسپاندنی یاسا» لە ڕەوتی بەسەركردنەوەی ئامانجە گشتییەكاندا، هەمان مانای سەروەریی یاسا دەدا. پرۆگرام لەڕەوتی دیاری كردنی ئامانجە سیاسییەكاندا بە شێوەیەكی ڕۆشنتر لە جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان دەدوێ‌و دەقێكی وردتر پێشكەش دەكا كە ئەمەیە «جیاكردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێ كردن و دادوەری. دادوەریش سەربەخۆیەو ملكەچی هیچ دەسەڵاتێك نابێت جگە لە یاسا. هەموو هاووڵاتییان لە بەرانبەر یاسادا یەكسانن». دەقەكە ڕەنگدانەوەی ئەو پرنسیپەیە كەدادوەری دەكاتە پارێزەری ڕەوایی چونكە دادوەری لە سیستمە دیموكراتییەكاندا دەسەڵاتێكی بێلایەن و سەربەخۆیە، ملكەچی هیچ دەسەڵاتێك نیەو بە ڕێوشوێنی سیاسی‌و ئیداری‌و یاسایی چاودێریی دەسەڵاتی راپەڕاندن دەكات.

لە پرۆگرامی پەسندكراوی كۆنگرەی سێیەمدا دەستەواژەی «سەروەریی یاسا» وەكو خۆی بەكار هێنراوەو لە ڕەوتی بەسەركردنەوەی ئامانجە گشتییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستاندا پاش ئاشتی‌و دیموكراسی‌و ئازادی‌و لێبوردەیی‌و چەسپاندنی بنەماكانی ئابوریی بازاڕو دادپەروەریی كۆمەڵایەتی‌و خۆشگوزەرانی ناوی دێ. هەمان هەڵوێست لە كاتی بەسەركردنەوەی ئامانجە سیاسییەكاندا دەبینرێ‌و تێیدا «تەواوكردنی پرۆسەی جیاكردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێ كردن، دادوەری‌و پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری» لە ریزی ئامانجە سیاسییەكاندا دەخرێتە پێشی پێشەوەو ئەوەشی دەخرێتە سەر كەئەم پرۆسەیە دەبێ «بخرێتە خزمەتی ئازادی‌و دیموكراسیی راستەقینەوە».

پرنسیپی سەروەریی یاسا توخمێكی پێكهێنەری دەوڵەتی یاسا پێكدێنێ‌و هەر هەنگاوێكی حكومەت دەبێ هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ یاساداو لە چوارچێوەی جێبەجێ كردنی یاسادا بەڕێوە بچێ، چونكە دەوڵەت دەبێ ملكەچی یاسا بێ‌و كار بۆ دەستەبەركردنی دادو یەكسانی بكات.

رزگاركردنی تاك لە دەستدرێژیی دەسەڵاتە گشتییەكان‌و پاراستنی مافەكانی، ئامانجی سەروەریی یاسا پێكدێنێ. بۆیە ملكەچبونی دەوڵەت بۆ یاسا، لەگەوهەردا بەمانای پاراستنی مافەكانی تاك دێت. بەڵام سیستمی دەوڵەتی دیموكرات پێویستی بە دەزگایەكە ببێ بە چاودێر بەسەر دەزگا گشتییەكانەوە. ئەو دەزگایەش دادوەرییە كە دەتوانێ لە سایەی سەربەخۆیی‌و بێلایەنیدا ئەركەكانی خۆی بە پوختی بەجێ بهێنێ.

## سەرهلدان (گۆڤار)




گۆڤارێكی سیاسیی رۆشنبیریی گشتییە مەڵبەندی ٤ی ڕێكخستنی بادینانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٦ بە هەردوو زمانی كوردی‌و عەرەبی دەری كردووە.

گۆڤارەکە ١٦ ژمارەی لیَ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە شوباتی ١٩٩٣دا دەرچووەو ژمارەی ١٦ کە دوایین ژمارەیە لە ساڵی ١٩٩٦ دەرچووە. لە هەر ١٦ ژمارەدا ستار عەلی ئەرکی سەرنوسەری گرتۆتە ئەستۆ. تا ژمارە ١٤ کە لە ئازاری ١٩٩٤ دەرچووە، عەبدولڕەحمان مزوری جێگری سەرنوسەرەو جەلال مستەفا بەڕێوەبەری نوسینە. لە ژمارەکانی نێوان ٧-١٤دا حەسەن کوێستانی خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەیەو لە ژمارە ١٥ بەدواوە حازم یوسفی بۆتە خاوەنی ئیمتیاز.

یەکەم دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکە لە عیدۆ بابە شێخ، دکتۆر فازڵ عومەر، حەجی جەعفەر، حەسەن کوخی، محەمەد ساڵح زێباری، موحسین عوسمان، نزار ئەحمەد عوبێد و سەبیح محەمەد حەسەن پێکهاتووە. لە ژمارە ١٤دا عیدۆ بابە شێخو دکتۆر فازڵ عومەر و حەسەن کوخی لە دەستەی نوسەران نەماونو هیڤی بەرواریی بۆ زیاد کراوە. لە ژمارە ١٥دا دەستەی نوسەران نەماوە.

گۆڤارەکە دوو خولی بە خۆیەوە دیوە. لە ژمارە ١ تا ١٤ لە دهۆك دەرچووەو ئەمە خولی پێش هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ پێکدێنیَ. پاش هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ، گوێزراوەتەوە بۆ هەولێرو هەردوو ژمارە ١٥و ١٦ لەویَ دەرچون. ژمارە ١٥ لە ساڵی ١٩٩٥دا دەرچووەو ژمارە ١٦ لە ساڵی ١٩٩٦. ژمارەکانی هەردوو خول لە هەولێر لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کراون.

گۆڤارەکە بەیەکیَ لە پێشکەوتوترین گۆڤارەکانی دەڤەری بادینان دادەنریَ. بابەتە بڵاوکراوەکانی کە بەسەر توێژینەوەو وتارو ریپۆرتاژدا دابەش کراون، لە ڕوی بابەتیو زانستییەوە ئاستێکی شایستەیان هەیە، سەرباری بایەخدان بە کاروباری ویژەو هونەر. گۆڤارەکە بەسەر دوو بەشدا دابەش کراوە، بەشی کوردیو بەشی عەرەبی. لە بەشی کوردیدا زۆربەی بابەتەکان بە شێوەزاری کرمانجیی سەروو و کەمێکیش بەپێی پێویست بە شێوەزاری کرمانجیی خواروو بڵاوکراونەتەوە، لەم بەشە چەردەیەك بابەت بڵاوکراونەتەوە کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بزاڤی رۆشنبیری بەجیَ هێشتووە لەوانە بابەتەکانی پەیوەست بە دیموکراسی، سیستمی نوێی جیهان، فیدرالیزم، ئەنفال، مێژوی نەتەوەییو کورد لە وڵاتانی دراوسیَ، مافی مرۆڤ. بەشەکە چەردەیەك چاوپێکەوتنی تێدا بڵاوکراوەتەوە کەبونەتە مایەی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانی گۆڤارەکە.

بە هەمان پێودانگ بەشی عەرەبیی گۆڤارەکە چەردەیەك بابەتی تێدا بڵاوکراوەتەوە کە بونەتە مایەی دەوڵەمەندکردنی دایەلۆگ سەبارەت بە چەندین مەسەلەی گرنگی وەك فیدرالیزمو پێویستیی بۆ عیراق، کاروباری مافی مرۆڤ کە پانتاییەکی زۆری گۆڤارەکەیان گرتۆتەوەو تێیدا گۆڤارەکە هەوڵیداوە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە عیراق بە بەڵگەی بڕینەرەوە بسەلمێنیَ، فەلسەفەی سۆسیال- دیموکراسی، مەسەلەکانی پەیوەست بە جینۆساید و شاڵاوەکانی ئەنفال، دیموکراسیو ئەزمونە پەیڕەوکراوەکانی، سەرباری بایەخدان بەپرسەکانی پەیوەست بە ئەرمەنو ئاشورییەکانو شەبەك و ئێزدییەکان. دەبیَ ئاماژە بۆ ئەوەش بکریَ کە بەشەکە سەکۆیەکی ئازادی هەبوە تێیدا بەبیَ سانسۆر هەلێکی گونجاو بۆ گفتوگۆو دایەلۆگی ئازاد رەخسێنراوە.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ١٦,٥ بە ٢٣سم لە دوتوێی ١٣٦-١٦٨ لاپەڕە دەرچووە. دیزاینەکەی لە ئاستێکی باش دایەو وێنە لە بەرگ و لە ناواخندا بەکار هێنراوە.

ژمارەیەك نوسەر بابەتیان لە بەشی کوردیدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە عیدۆ بابە شێخ، خالد ئامێدی، حەسەن کوێستانی، عەلی مستەفا، غەنی شەهباز، شاهین بەرواری، دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی، دکتۆر فازڵ عومەر، نەجیب بالایی، حەسەن کوخی، نەجات عەبدوڵڵا، عیسمەت محەمەد بەدەل، حەجی جەعفەر.

هەروەها لە بەشی عەرەبیدا ژمارەیەك نوسەر بابەتیان بڵاوكردۆتەوە لەوانە محەمەد ساڵح زێباری، دكتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، دكتۆر محۆ عوسمان، حەسەن سلێڤانی، دكتۆر عەبدولڕەحمان مـزوری، شاخەوان شەبەك، محەمەد عەلی توڤی، حازم یوسفی، دكتۆر ئازاد بامەڕنی، دكتۆر یوسف گۆران، عەلی جزیری.

## سەری ڕەش (ئۆپەراسیون)

ئۆپەراسیۆنێكە كۆسرەت ڕەسول عەلی، لێپرسراوی مەڵبەندی ٣، لە ساڵی ١٩٨٨دا نەخشەی بۆ كێشاوەو هێزی پێشمەرگە جێبەجێی كردووە. هەر یەك لە جەعفەر شێخ مستەفا لێپرسراوی عەسكەریی مەڵبەندو شاخەوان عەباس لێپرسراوی ڕێكخراوی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان لە ناوچەكە، بەشدار بون لە دانانی نەخشەكەدا.

ئامانجی نەخشەكە گرتنی هاوینە هەواری سەری ڕەش بوو. نەخشەكە لە شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی كانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ كە شەوێكی ساردو بەفراوی بوو، جێبەجێ كرا و تیپەكانی ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوغ، ٩٠ی باواجی، ٩١ی سەفین، ٩٣ی كۆیەو هێزەكانی تیپی مەڵبەند بەشدارییان تێدا كرد.

ئـەركـەكـان بـەمـجـۆرە دابــەش كــران: هـێـزێك بە فەرماندەیی ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود بۆ گرتنی كۆشكی سەرۆكی كۆمار دانرا، هێزێك بە فەرماندەیی تەحسین كاوانی، فەرماندەیی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، بۆ گرتنی كۆشكی مەلیك فەیسەڵ كە جبەخانەیەكی گەورەشی لێ بوو، هێزێكی كۆماندۆش پاسەوانیی دەكـرد، هێزێك بە فەرماندەیی كەریم حەسەن شینە بۆ گرتنی تەلسكۆپە ئەسترۆنۆمییەكە، هێزێك كە لە مەفرەزەكانی ڕەهبەر سەید برایم و بەكر مستەفاو سەفین مەلا قەرە پێكهاتبوو، بۆ گرتنی كابینە گەشتیارییەكان.

هێزێكی دیكەش بە فەرماندەیی غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود لەسەر ڕێگای سەری ڕەش- پیرمام، بۆسەی دانا بۆ لێدانی هەر هێزێكی سوپا كە بیەوێ فریای هێزەكانی سەری ڕەش بكەوێ.

نیوەشەو هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەری ڕەش دەستی پێكردو لە ماوەی چوار سەعاتدا تەواوی هاوینە هـەوارەكـە دەستی بـەسـەردا گیرا. سـەرەڕای ئـەوەی كە ئۆپەراسیۆنەكە لە ڕوی عەسكەرییەوە بایەخێكی تایبەتی هەیەو بە یەكێ لە گەورەترین چالاكییەكانی هێزی پێشمەرگە لە قۆناغی پێش شاڵاوی ئەنفالەكان دادەنـرێ، بـەڵام دەنگدانەوە سیاسییەكەی لە میدیا جیهانییەكاندا زۆر لە دەنگدانەوە عەسكەرییەكەی گەورەتر بوو، چونكە سەری ڕەش تەنها ٢٠ كیلۆمەتر لە هەولێرەوە دورەو دوو كۆشكی بەناوبانگی لێ بوو، یەكێكیان كۆشكی سەرۆكی كۆمارو ئەوی تر كۆشكە دێرینەكەی مەلیك فەیسەل بوو. لە میدیاكاندا ئەوەندەی كە بایەخ بەگرتنی ئەم كۆشكانە درا، ئەوەندە بایەخ بە خـودی ئۆپەراسیۆنەكە نـەدرا. لـەم سۆنگەیەوە، لـەم ئۆپەراسیۆنەدا لایەنی سیاسی بەسەر لایەنی عەسكەریدا زاڵە.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا دوو تانكی برازیلی تێك شكێنراو زیـاد لـەهـەزار پـارچـە چـەك و ژمـارەیـەكـی زۆری تەقەمەنی دەستیان بەسەردا گیرا. هێزەكانی عیراق ژمارەیەكی زۆر كـوژراو و بریندار و دیلیان هەبوو. هێزی پێشمەرگە سیانزە شەهیدی هەبوو، لەوانە شەش پێشمەرگە لە كاتی پاشەكشەدا لە ناو بەفر ڕەق بونەوە، چونكە لە كاتێكدا هێزی پێشمەرگە بە ٣ سەعات گەیشتبووە سەری ڕەش، پرۆسەی پاشەكشە بەهۆی كەشوهەواری ساردو كڕێوەی بەردەوامەوە، نزیكەی ١٠ سەعاتی خایاندبوو.

شەهیدەكان:

هاشم رەشید نادر، جەمال حەمەد پیرداوود، رەمزی جەبار عەلی، عەدنان سەمەد تۆفیق، کەمال عەزیز ئەحمەد، هێرش سوار ئەحمەد شەوگێڕی، سۆران ئیسماعیل شەوگێڕی، شێرزاد عەبدولسەمەد تۆفیق، عوسمان مامەند عومەر، عەزیز مەولود رەسول، فەخرەددین ساڵح ئەحمەد گۆمەشینی، نوعمان زرار حەمەشین و عەلی ئەحمەد کەریم مەخموری.

## پاشکۆ

## ئەو شەوەی بەفر گڕی گرت
## (وتار)
### نوسینی: ستار ئەمین

لەم گەشتەمان بە ناو توولە رێیەکانی کوردایەتیدا، لەگەڵ یەکێك لەو فەرماندانەی ئەوێ رۆژێ دەدوێین تا بمانباتە ئەو رۆژگارەی کە بەفر گڕی دەگرت. لەم گەشتە پڕ دوین و یادگار ئامێزەدا، بورهان سەعید سۆفی یەکێك لە قارەمانە بەشدارەکانی نەبەردی و داستانی گرتنی سەری رەش، تیشك دەخاتە سەر داستانە کەم وێنەکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنوری هەردوو مەڵبەندی ٣و ٤ی هەولێر کە ئەویش داستانی سەری رەشە.

بورهان سەعید سۆفی، فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، لە گێڕانەوەکەیدا بە باس کردنی کەشی ساردی ئەو رۆژگارە دەست پێ دەکاو دەڵێ: «شەوێکی زۆر ساردو زریان بوو، بەفر هەموو رێگاکانی گرتبوو، تەنیا رێگای پێشمەرگە نەبێ».

پلان داڕێژەرەکەی ئەم داستانە، کۆسرەت رەسول عەلی بوو کە ئەو کاتە بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر بوو. لە گوندی سماقوڵی سابیر رەسول لێپرسراوی سەربازیی مەڵبەند بوو، لەگەڵ رائید جەلال.

ئەو ناوچەیە لە روی جوگرافیاوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. جوگرافیایەکی سەخت و دژواری هەیە. بۆیە رۆژێکی سارد و بەفر و زریانیان هەڵبژارد. لە لایەکی ترەوە، پەیوەندیی بە هەندێ چەکداری رژێمەوە کرا بوو کە بە ئاگاداریی شۆڕش چەکی رژێمیان هەڵگرتبوو، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ پێشمەرگە بکەن، لەوانە نامیق بیریژی کە یەکێك بوو لەو چەکدارانەی کە پارێزگارییان لە سەری رەش دەکرد. هەروەها فەوجێکی مەغاویر (کۆماندۆ) لە سەری رەش بوو.

بورهان سەعید سۆفی دەگێڕێتەوە «چەند رۆژێك بەر لەوەی کە چالاکییەکە دەست پێ بکا، دەستەیەك لە هەڤاڵانی ئێمە لە رێگای نامیق سدیق بیریژییەوە داخیلی ناو سەری رەش بوون. دواتر هەر لە رێگای نامیق بیریژییەوە گەڕانەوە. ئەو دەستەیە لە شەش پێشمەرگە پێك هاتبوو کە ئەمانەن: کەریم حەسەن شینە ناسراو بە کەریمە رەش فەرمانەدەی کەرتی ٥ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، هاشم شەمامکی فەرماندەی کەرتی ٦ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، رەشاد خەلیل وەسمان ناسراو بە سۆران، حەسەن مەحمود محەمەد ناسراو بە ئارام چاوشین، عوسمان شوکر رەشید ناسراو بە ئاوات، میکایل سمایل ئەحمەد محەمەد ناسراو بە میکایل شیواشۆکی فەرماندەی کەرتی ١ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی. دوای گەڕانەوەیان بۆ گوندی بێرۆکان کە ماڵی ئێمەی لێ بوو و کەوتبووە تەنیشت هەردوو گوندی ناودارۆکان و زیارەت، پشوویان دا و نانێکی باشیشیان خوارد. ئینجا کۆبونەوەی هەموو فەرماندەکان لەوێ دەستی پێ کرد.

هێزەکە بەم شێوەیە دابەش کرا: تیپەکەی ئێمە، تیپی ٨٥ی بەڕانەتی کە تەحسین کاوانی فەرماندەی بوو، کرا بە دوو بەشەوە. هێزەکەی سلێمان عارەب ئیسماعیل ناسراو بە مەلا سلێمان جێگری فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر رەبت کرا بە دوو کەرتی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی. هێزەکەی ئێمە لە دوو کەرت پێکهاتبوو،

یەکێکیان کەرتی ٣ بوو کە من فەرماندەی بووم، ئەوی تر کەرتی ١ بوو کە میکایل فەرماندەی بوو. هەروەها کەریمە ڕەش فەرماندەی کەرتی ٥ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بوو، لەگەڵ هێزەکەی ئێمە بوو.

هێزەکەی ئێمە ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا بوو کە کۆشکی مەلیك فەیسەل لە سەری ڕەش بگرێ. ئەوێ یەك سریەی مەغاویری لێ بوو. دەوروبەرەکەشی بە جاش دەورە درا بوو و شوێنە ستراتیجییەکانیشی هێزەکانی سوپای عیراقیان لێ بوو.

وا دەستنیشان کرا بوو ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوودو سەفین مەلا قەرەو غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود هەر یەکەو لە شوێنێك هێزەکەی جێگیر بکا. هێزەکە هەموی دابەش کرا. لە هەمان کاتدا هێزێك بۆ پشتگیریی لوجستیکی دانرا کە هێزی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو و بەم پێیە کادیرەکانی ڕێکخراو، هەر یەك لە شاخەوان عەباس، بەهرۆز قەشقە، عەبدوڵڵا خەلیل و بەکر مستەفا سەعید بۆ یارمەتیدانی هێزەکە لە کاتی پێویستدا ئامادە کرا بوون، بەتایبەتی بۆ گواستنەوەی ئەو دەستکەوتانەی کە لە شەڕەکە بەدەست دەهێنرێن.

پاش ئەو ئامادەکارییانە، سەعاتی سفر دیاری کرا کە ١٢ی شەو بوو. هێزەکەی ئێمە لە لای نامیق بیریژییەوە سەرکەوت. کاتێك چوینە ناو ڕەبیەکە، ئارام چاوشین لەوێ بوو. وتم ئارام پێشمان کەوە، چونکە بە ڕاستی زریانێکی وا بوو نەتدەزانی لە کوێی. ئارام چاوشین پێشمان کەوت. من و ئاسۆ مامەند و کەریمە ڕەش و میکایل جادەو جادە بە ئاراستەی پیرمام ڕووەو سەری ڕەش چوین. بیریژی تا نزیك ئەو خاڵەی بۆ ئێمە دانرا بوو. لەگەڵمان هات و دواتر گەڕایەوە چونکە دەبوایە لەگەڵ هێزێکی تریش بڕوات.

بەر لەوەی بگەینە شوێنی مەبەست، ئوتومبیلێك هات ڕەماشی لێ دەدا، ئێمە لە قەراغ ڕێگاکە خۆمان حەشار دا، زریانیش بوو، بۆیە کەس ئێمەی نەبینی.

گەیشتینە خاڵی مەبەستی خۆمان کە سریەی مەغاویری تێدا بوو. ئەو ڕۆژە ٢٨ی مانگ بوو، فەرماندەی سریەکە بۆ هێنانی مووچە چوو بوو بۆ هەولێر، بۆیە نەکەوتە بەر دەستمان. ئەگەر شەوێك خۆمان دوا خستبا، هەر هەموو پارەکەش دەبوە دەستکەوتی شۆڕش و چالاکییەکەمان. بەرەو کۆشکی مەلیك فەیسەل لە سەری ڕەش بەڕێ کەوتین. هێزەکەی تری ئێمە و بەشێك لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر دوو ڕەبیەکەی سەری قیرژەو خاڵەکانی تردا گرت. هێزێکی زۆری سوپا لە مەسیف و هەولێرەوە هات، بەڵام هەر هەمووی کەوتە بۆسەکانی هێزی پێشمەرگەو تێك شکێنران».

بورهان سەعید سۆفی بەردەوام دەبێ و دەڵێ «بۆ گرتنی کۆشکەکەی مەلیك فەیسەل، پێشتر نامیق بیریژی نەخشەکەی بۆ ئێمە کێشا بوو، واتە دیزاینی کۆشکەکەو هەموو خاڵەکانی لەسەر نەخشەکە دیاری کردبوو. نیشانی دابوو کە چوار خاڵی بە دیوی گوندی گراودا لێیەو هەڵدێرە، بەرامبەرەکەیشی هێزێکی لێیە، لەو لاشەوە هەر هەمووی مینڕێژ کراوەو تانکی لێیە کە کەمتر لە سەد مەتر لە کۆشکەکەوە دورن. کە گەیشتینە ئەوێ، لەبەر زریان و تەمومژ، زۆر بە خراپی دەمانبینی. زۆر نزیك بوینەوە ئینجا زانیمان بەردەممان دەبابەیە، بۆیە دامەزراین: ئێمە بە ئاراستەیەك و کەریمە ڕەش بە ئاراستەیەکی تر. بە بێ تەقە دەستمان بەسەر خاڵی یەکەمدا گرت و چوینە ناویەوە. لە خاڵەکەی بەرامبەرمان، سەربازێك هەستی پێ کردو هەڵات و لەوێوە تەقە دەستی پێ کرد، تەنانەت لە هەندێ شوێن چەند مەترێك لە هێزەکەی دوژمن دور بوین. بە ماوەیەکی زۆر کەم دەستمان بەسەر کۆشکی مەلیکدا گرت».

هەر لە درێژەی بیرەوەرییەکانیدا، بورهان سەعید

سۆفی دەڵێ «کاتێك دەستمان بەسەر کۆشکەکەدا گرت، کۆسرەت رەسول عەلی داڕێژەری نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکە بە بێتەل پەیوەندیی بە من و کەریمە رەشەوە کردو وتی: دوو رەبیەکەی سەری قیرژە ئالۆزییان بۆ دروست کردوین و نایەڵن سەرکەوین، بۆیە ئێوە لە دواوە وەرن. منیش وتم: کاك کۆسرەت من ئێستا نازانم رووماں لە کوێیەو نازانم ئێوە لە کوێن، چونکە زریان و تەمەو بینین زۆر زەحمەتە. کاك کۆسرەت وتی: تۆو کەریمە رەش بە ئاراستەی سماقوڵی وەرنە پێش. ئێمەش تۆزێك چوینە پێش. هێشتا لە هەندێ شوێن تەقە مابوو. لە رەبیەکانەوە شەش چەکدار بە ئاراستەی ئێمە هاتن، نەیاندەزانی پێشمەرگەین. فیشەکیان پێ نەما بوو. وایانزانی ئێمەش جاشین. بەڵام هەر کە زانییان پێشمەرگەین، توشی شۆك بون. ئێمە چەکمان کردن و دواتر، پاش ئۆپەراسیۆنەکە، ئازادمان کردن».

بورهان سەعید سۆفی ئاماژە بە ژمارەی شەهیدەکان و زەرەرو زیانی دوژمن دەکات و دەڵێ «پاش کۆنترۆڵ کردنی سەربازگەکەو سەری رەش، چوار ئەفسەرو ژمارەیەکی زۆری سەربازمان بە دیل گرت. هەر چی تانك و زرێپۆش هەبوو لە سەری رەش، کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە. دیارە زەحمەت بوو لە رێی کۆڕێوە ئەم هەموو تانك و زرێپۆشانە دەرباز بکرێن. هەروەها بە هۆی دارمانی شاخێکی گەورە لە نێوان گوندی گراوو سەری رەش، ئەو رێگایەشمان لێ گیرا. بۆیە تا سەعات ٧ی بەیانی بە دوای رێگایەکدا بۆ دەربازکردنی تانك و زرێپۆشەکان گەڕاین، بەڵام هیچ رێگایەکمان نەدۆزییەوە. بۆیە کاك کۆسرەت فەرمانی دا هەمووی بفەوتێنین. ئێمەش سوتاندمان و بە چەکی ئارپیجی تەقاندمانەوە. بەڵام ٩٠٠ کلاشنکۆف و ژمارەیەك هاوەنی ١٢٠و ئارپیجیمان دەست کەوت کە بە ولاغ بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە گواستمانەوە. لەم ئۆپەراسیۆنەدا ١٣ شەهیدمان هەبوو. لەوانە ٥ پێشمەرگە بە گوللە شەهید بون، ئەوانی تر لە ناو بەفر رەق بونەوە. زیانی دوژمن زیاتر لە ٢٠٠ کوژراوو ٧٠ دیل بوو».

دەربارەی دەنگدانەوەی ئۆپەراسیۆنەکە، بورهان سەعید سۆفی ئاماژە بە گەورەیی ئۆپەراسیۆنەکە دەکاو دەڵێ «ئۆپەراسیۆنەکە لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوەو هەواڵەکە لە رادیۆکانی دەنگی ئەمریکا، مۆنت کارلۆو بی بی سی بڵاو کرایەوەو بووە دەرفەتێك تاکو جیهان بزانێت شۆڕشی کوردان کۆتایی نەهاتووەو ئەو سەرکەوتنانەی رژێمەکەی سەددام ئیدیعایان دەکات راست نین و هێشتا کورد لە عیراقدا بۆ مافە نەتەوەییەکانی تێدەکۆشێت. ناوبانگی هێزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لە بڵندگۆی ئەم رادیۆیانەوە جارێکی تر بە جیهاندا بڵاو بۆوە».

لە باسکردنی پەرچە کرداری رژێمی بەعس بەرامبەر بە ئۆپەراسیۆنەکە، بورهان سەعید سۆفی دەڵێ «هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئامادەکارییان بۆ هەر پەرچە کردارێکی بەعس کردبوو. جگە لەوە سوپای رژێمەکەی سەددام ئەزمونێکی تاڵی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لەو ناوچەیە هەبوو و زۆر جار خۆی تاقی کردبۆوە وەك لە شەڕەکانی سماقوڵی، بنەباوێ و زۆری تر، بەڵام نەیتوانی بوو یەك مەتر ئەو شوێنانە داگیر بکات. بۆیە ئێمە ئامادەسازیی تەواومان وەرگرتبوو. وامان دانا بوو ئەگەر ئەوان هەر جوڵەیەك بکەن، ئێمە زۆر توندترو کاریگەرتر پەلاماری هێزەکانیان بدەین. هەروەها لە روی راگەیاندنەوە، وێنەگر دڵشاد محەمەد عەلی رۆڵێکی زۆر گەورەی لە دیکۆمێنت کردنی ئۆپەراسیۆنەکەدا هەبوو، هەموو ئۆپەراسیۆنەکەی بە کامیرای ڤیدیۆ تۆمار کردو ئێستا کاسێتەکە لای عەباس عەبدولڕەزاق ئەکبەر ناسراو بە عەباس ڤیدیۆ پارێزراوە. ئەو ڤیدیۆیە بە راستی دیکۆمێنتێکی زۆر تایبەت و پڕ شانازییە بۆ هێزی

پێشمەرگەی کوردستان و پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی».

سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٤٧٦، ٢٦-٢٠١٨/١/٢٧.

## سەعدون یەدوڵڵا شەفی رەشید



کادیری ڕاگەیاندن و ئەندامی سەرکردایەتی. ناسراو بە سەعدون فەیلی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ی بەغدا. خوێندنی سەرەتایی لە بەغدا لە خوێندنگەی ئەهلیی فەیلییەکان و ناوەندیی لە دوا ناوەندیی قوتەیبە تەواو کردووە. پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی لە ئامادەیی نیزامی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە شاڵاوی ساڵی ١٩٧٥ی دەزگا ئەمنییەکان لە دژی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، لە ١٨ی ئەیلول لە بەغدا گیراو پاش ٩ مانگ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان، لە ١١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ پۆلێك ئەندامی کۆمەڵە، درایە دادگاو بە شەش ساڵ زیندانی حوکم درا.

لە زیندانی ئەبوغرێب ڕێی پێ درا بەشدار بێ لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا، بەتایبەتی کە ئەو لە کاتی دەستگیرکردنیدا خوێندکاری پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو. لەو ٣٣ زیندانییەی بەشدار بوون لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا، ٣ کەسیان دەرچوون کە ئەو یەکێك بوو لەوان.

پاش ئازادبوونی، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ لەدەشتی هەولێرەوە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لەوێوە خۆی گەیاندە ناوچەی سەرکردایەتی و لەوێ لە بارەگای دەزگای راگەیاندن لە توژەڵە گیرسایەوە. بۆ ساڵی دواتر، بوو بە یاریدەدەری لێپرسراوی چاپخانەی برایم عەزۆ. ساڵی ١٩٨٣ لە کاتی گواستنەوەی کەلوپەل و ئامێرەکانی بارەگای راگەیاندن لە توژەڵەوە بۆ سەرشیو و پاشان بۆ باوزێ، سەرپەرشتیی پرۆسەی گواستنەوەی کەلوپەلی چاپخانەی کرد و پاشتر لەوێوە کەلوپەلی چاپخانەی گەیاندە دۆڵی جافەتی.

ساڵی ١٩٨٤، لە کاتی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، بە سود وەرگرتن لە ماوەی ئاشتی، کەلوپەلێکی زۆرو بڕێکی زۆر کاغەزی چاپی بۆ چاپخانە دابین کرد. ساڵی ١٩٨٥ بووە بەڕێوەبەری چاپخانە. لەو ماوەیەدا، چاپخانە چەشنێکی پێشکەوتووی ئامێری ئۆفسێتی بەکار هێنا کە لە ماوەی سەعاتێکدا ١٠ هەزار کاغەزی رادەکێشا. لەو قۆناغەدا چاپخانە ئەرکێکی زۆری لە ئەستۆدا بوو، ساڵانە دەوروبەری ١٠ تۆن کاغەزی بەکار دەهێنا.

پاش ئەنفالەکان، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨- ١٩٩١ سەرپەرشتیی بەشێکی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لە ئێران.

دوا بەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە کۆنگرەی یەکەم لە ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. بۆ ساڵی دواتر، بوو بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٢ی کەرکوك و پاشان کرا بە لێپرسراوی دەزگای دارایی. ساڵی ١٩٩٦ لێپرسراوەتیی مەکتەبی شەهیدان و کاروباری کەمئەندامانی پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە کرا بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. ساڵی ١٩٩٩ بوو بە لێپرسراوی مەکتەبی مافی مرۆڤ.

ساڵی ٢٠٠١ کرایە بریکاری وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم و هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی

عیراق کرد لە لەندەن.

ساڵی ٢٠٠٣ پاش هەفتەیەك لە ڕوخانی رژێمی بەعس، لەسەر داوای سکرتێری گشتیی یەکێتی چوو بۆ بەغدا و لەوێ رۆڵێکی بەرچاوی لە پاراستنی ئەرشیفی بارەگای دەزگا ئەمنییەکاندا بینی، دواتر بە هۆی ئەو ئەرشیفەوە کە پڕ دیکۆمێنتی گرنگ بوو سەبارەت بەتاوانەکانی رژێمی بەعس دەرهەق بە کورد و شیعە، کەرەستەیەکی زۆری بۆ تاوانبارکردنی رژێم چنگ کەوت. هەر لەسەر دەستی ئەو، یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ لەعیراق، لە ناوچەی شنافیەی نزیك شاری دیوانیە لە ٢٩ی نیسان دۆزرایەوە. دۆزینەوەی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە میدیاکانی جیهاندا هەبوو.

لە کۆتایی ساڵی دواتر، کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی بەغداو لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردرا. لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ کرایە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان لە بەغدا.

## سەعدی ئەحمەد پیرە



ئەندامی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی گوندی گردی کۆمی لە ناوچەی کەندیناوەی سەر بە قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٥٩ لە خوێندنگەی گوندی کۆزەپانکە دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردوە. ساڵی ١٩٦٨، لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، کاتێك کە خوێندکار بووە لە ناوەندیی ئیسکانی هەولێر، پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. لە قۆناغی ئاشتیی دوای راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاردا، لە ساڵی ١٩٧٢دا بووە کارگێڕی رێکخراوی رووناکیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێرو هەر ئەو ساڵە شەوانە دەستی بە خوێندن کرد لە ئامادەیی هەولێر، بەڵام لەبەر سەرقاڵبوونی بە هەڵسوڕانی سیاسی لەرێکخراو، لە خوێندن دابڕا.

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٧٤، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە شەشەمین خولی کادیرانی پارتی لە رێنوێنی شێخی. لە مانگی تشرینی دووەمدا کرایە کارگێڕ لە ناوچەی هێزی قەندیل کە بارەگاکەی لە گوندی نێودەشت بوو.

پاش واژۆکردنی رێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران و هەرەس هێنانی شۆڕش، رووی لە ئێران کردو بوو بە پەنابەر. لە نیسانی ١٩٧٦ بەپەنابەر لە نەمسا وەرگیرا. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو بەشدار بوو لە دروست کردنی تەونی رێکخستن بۆ یەکێتی لە نەمسا. هەمان ساڵ بەشداریی لە کۆنگرەی فرانکفۆرتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا کردو ساڵی ١٩٧٩ بووە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی کۆمەڵەی خوێندکاران و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی لە ئەورووپای رۆژهەڵات.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٨١ بووە ئەندامی لقی ئەورووپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە ناو لقیش ئەرکی پەیوەندییەکانی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٧ بە ئامادەبوونی سکرتێری کۆمەڵە نەوشیروان مستەفا، لە کۆنفرەنسی رێکخراوی نەمسا بە لێپرسراوی رێکخراوی کۆمەڵە لە نەمسا هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٠ دوو دیداری گرنگی بۆ سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەلال تالەبانی رێکخست،

یەکێکیان لەگەڵ ڤانسلاڤ هاڤل سەرۆکی کۆماری چیکسلۆڤاکیا بە هاوکاریی دێنس پیر وەزیری دەرەوەی چیکسلۆڤاکیاو براتینکای ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی هاڤل و کارل سوارچل بێرگ کە دواتر بووە وەزیری دەرەوەی کۆماری چیك. ئەویتر لەگەڵ برۆنۆ کرایسکیی سەرەك وەزیرانی نەمساو جێگری سەرۆکی ئینتەرناسیۆنالیست سۆسیالیست. بۆ ساڵی دواتر، راسپێردرا خەڵاتی ئاشتیی کرایسکی، کە پێشکەش بە تاڵەبانی کرابوو، وەرگرێ. لە مانگی ئازاری ١٩٩١ نوێنەرایەتیی بەرەی کوردستانیی کرد لە کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (INC).

لە ١٥ی ئایاردا گەڕایەوە بۆ کوردستان و بووە ئەندامی لیژنەی هەماهەنگیی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراق و لە حوزەیراندا بەشداریی لە شاندی یەکێتی کرد لە کۆنگرەی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال لە ئیستانبول. لە مانگی ئابدا بووە لێپرسراوی کاروباری شاری هەولێری بەرەی کوردستانی و دواتریش بووە کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر.

ساڵی ١٩٩٢ لەسەر لیستی سەوز بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و جێگری لێپرسراوی فراکسیۆنی سەوز. لە نیسانی ساڵی ١٩٩٣وە تا ئابی ١٩٩٦ وەزیری کشتوکاڵ بوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٦دا بووە وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم و لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧دا بووە وەزیری هاوکاریی مرۆڤایەتی و لە هەمان کاتدا لێپرسراوەتیی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی پێ سپێردرا.

لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠١، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو پاش سەقامگیربوونی هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی یەکێتی و پارتی، لە ساڵی ٢٠٠٢ کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٣ وەك لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی موسڵ گوێزرایەوە بۆ موسڵ و لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٥ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێری پێ سپێردرایەوە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بووە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی یەکێتی لە بەغدا. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٩ بووە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە. لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٠، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو پاشان کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی دهۆك و سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ڕێکخستنی موسڵ، ساڵی ٢٠١٢ گواسترایەوە بۆ هەولێر و بۆ جاری دووەم لێپرسراوێتیی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێری گرتە ئەستۆ.


لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ لێپرسراوێتیی مەکتەبی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێ سپێردرا.

ماوەی ٢٠١٤-٢٠١٦ بە قۆناغێکی بەبڕشتی ژیانی سیاسیی دادەنرێ چونکە لەو ماوەیەدا چالاکییەکی بەرچاوو دیاری بۆ کاراکردنەوەی ڕۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسیدا ئەنجام داوەو لەم سەروبەندەدا لە ساڵی ٢٠١٥دا سەرۆکایەتیی شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردووە لە وتوویژە پێنج قۆڵییەکانی هەولێرو سلێمانیدا بۆ بوژاندنەوەی پرۆسەی سیاسی، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٦دا ئەندامی ئەو لیژنەیە بوو کە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکگرتووی ئیسلامی پێکهاتبوو و ئەرکەکەی کاراکردنەوەی ڕۆڵی پەرلەمان و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ بوو لە کوردستاندا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی هەولێر، بە ئەندامی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە کۆبوونەوەی ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا کە بۆ هەڵبژاردنی لێپرسراوانی مەکتەبەکان و کارگێڕەکان و وتەبێژی فەرمی تەرخان کرا بوو، بە لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندەکانی دەرەوە هەڵبژێردرا، ئەمەش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند کە ببێ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

## سەعدی عەزیز*



ئەندامی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فەرماندەی هەرێمی ٨ ی دەشتی هەولێر. ناوی تەواوی سەعدی عەزیز حەمەد ئەمین ناسراو بە سەعدی گچکە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٣ ی گوندی سێبیرانی ناوچەی قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر. لە ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتیدا دەچێتەوە سەر خێزانێکی جوتیاری هەژار. ئەم پێشینە چینایەتییە رۆڵێکی دیاری لە پەرەپێدانی بیروباوەڕە چینایەتییە شۆڕشگێڕییەکانیدا هەبوو. لە تافی منداڵیدا خرایە بەر خوێندنی ئاینی و لەم رووەوە گەیشتە قۆناغی فەقێیاتی. بەڵام دوای ئەوەی لە گوندی دووگردکان خوێندنگەی مۆدێرن کرایەوە، وازی لە خوێندنی ئاینی هێنا و روی لە خوێندنی مەدەنی کرد، بەڵام لەبەر سەختیی ژیانی خێزانەکەی، خوێندنی پێ تەواو نەکرا، وازی لە خوێندن هێنا و دەستی بە کارو کاسبی کرد.

لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا لەگەڵ برایەکی رویان لە شاری هەولێر کردو لە گەڕەکی سەیداوە نیشتەجێ بون. لەوێ دەستی بە کرێکاری کردو وردە وردە تێکەڵ بە جیهانی سیاسەت بوو. لە ساڵی ١٩٦٢ چوو بۆ خزمەتی سەربازی. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە چەمی ڕێزان ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. لە پێشمەرگایەتیدا جەربەزەییەکی وای نواند کە لە ماوەیەکی کورتدا بە پلەکاندا سەرکەوت و گەیشتە ئاستی فەرماندەی بەتالیۆن. لە شەڕەکانی ماکۆك و شیشار کە سێ مانگیان خایاند، شکستێکی گەورەی بە هێزەکانی عیراق گەیاندو خۆیشی لەو شەڕانەدا بریندار بوو.

ساڵی ١٩٧٤ دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، وەك فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی قەندیل دانرا. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ عەلی عەسکەری کە فەرماندەی هێزی قەندیل بوو، پتەوتر کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، وەك پەنابەر هانای بۆ ئێران بردو لە شاری مەهاباد گیرسایەوە.

بڕیاری بەرگری نەکردن و هانا بردن بۆ ئێران، زۆر لەسەر دڵی گران بوو. بۆیە پەیوەندیی بە سەرکردە ناڕازییەکانی ترەوە کردو بەشداریی لە دوو کۆبونەوەدا بۆ تاوتوێ کردنی ڕەوشەکە کرد کە یەکێکیان لە ورمێ بەسترا و ئەوی دیکە لە مەهاباد. لە هەردوو کۆبونەوەدا ژیانی ئاوارەیی رەتکردەوەو پشتیوانیی لەوە کرد کە بگەڕێنەوە بۆ عیراق و لەوێ ڕێوشوێنی گونجاو بۆ درێژەپێدانی خەباتی نەتەوەیی دیاری بکەن. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ چەند کادیرێکی دێرینی شۆڕشی پێشوو لەوانە عەلی عەسکەری، ساڵح یوسفی، خالید سەعید، رەسول مامەند بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نهێنی بە ناوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوەو هەمویان پێکەوە کەوتنە کارکردن بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان.

پاش ئەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست چووە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەوڵەکان بۆ دەستپێکردنەوەی

خەباتی چەکدار چڕتر کرانەوەو لە ئابی ١٩٧٦ دا ژمارەیەک سەرکردە و کادیری بزوتنەوەی سۆسیالیست، لەوانە سەعدی عەزیز، رویان کردە قەندیل و لە قەڵەمڕەوی هەڵسوڕانی چالاکییەکانیان، جاڕی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشێکی نوێیان دا.

لە تشرینی یەکەمدا بە ناوچەکانی دەشتی هەولێرو کۆیەو خۆشناوەتیدا گەڕا و جاڕی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دا. لە ٤ ی کانونی دووەمی ١٩٧٧ دا لە پێکدادانێکدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق، لەسەر رێگای نێوان پیرمام و مەلا ئۆمەر بریندار بوو.

لە یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو وڵات کە لە دۆڵی گۆستە لە برادۆست لە ماوەی ٣١ی ئاب- ١٢ی ئەیلولی ١٩٧٧ بەڕێوە چوو، وەك یەکێ لە شەش نوێنەرەکەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکەم کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دیاری کرا و لە پرۆسەی رێکخستنی هێزی پێشمەرگەو پێکهێنانی هەرێمەکاندا، کرایە یەکەم فەرماندەی هەرێمی ٨ ی دەشتی هەولێر. لەو ماوەیەدا چالاکییەکانی شەڕی پارتیزانیی لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر بەڕێوە برد لەوانە شەڕەکانی سەفین، هەورێ، حەسەن موتریب، شیوەشان و قازبەگیان کە ناوبانگێکی زۆریان وەك فەرماندەیەکی بەتوانا بۆ دروست کرد.

لە ٨ ی ئازاری ١٩٧٨ دا لەکاتی بەڕێکەوتنی بەرەو گوندی نۆکان بۆ بەشداری کردن لە خولی دووەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، هێزەکەی لە گوندی دەشتێو لە ناوچەی پشدەر توشی شەڕ بوو، لە ئاکامدا خۆی و ژمارەیەك پێشمەرگە شەهید بون.

بابەتی پەیوەندیدار:

*بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

*دەشتێو (شەڕ).

## پاشکۆ

## لە چل و یەکەمینساڵیادی شەهیدبونی سەعدی عەزیز و هەڤاڵەکانیدا

**(وتار)**

**نوسینی: عەدنان موفتی**

لە چل و یەکەمین ساڵیادی شەهیدبونی سەرکردەی فەرماندە سەعدی عەزیزدا کە لە نەبەردییەکی گەورەدا لە ٨ی ئازاری ١٩٧٨ لە نزیك گوندی دەشتێوی ناوچەی پشدەر، لەگەڵ ١٣ پێشمەرگەی قارەمانی تر، لە شەڕێکی نابەرابەردا دژ بە هێزێکی گەورەی رژێمی عیراق، شەهید بوو، سەرباری ٤ پێشمەرگەی قارەمانی تریش کە بە دیل گیران و دواتر لە موسڵ لە سێدارە دران.

زۆر لەسەر شەڕی دەشتێو نوسراوەو زۆریش باس کراوەو شەڕەکە جێگای شانازیی کەسوکارو هەڤاڵانی شەهیدەکانە. من خۆم لە زاری چەند سەرکردەو پێشمەرگەیەکەوە کە لە شەڕەکەدا بەشدار بون، لەوانە سەید کاکە، هەروەها کاك بەکر حەمە کە لەو شەڕە لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر بریندار بووە، بیستومە کە چۆن لە نزیکەوە لەگەڵ سوپای عیراق روبەڕوی یەکتر بونەتەوە. ئەم جۆرە روبەڕوبونەوەیە نەك هەر لای میللەتەکەمان جێگای فەخر و شانازییە، بەڵکو دوژمنیش بە چاوی رێز و سەرسوڕمانەوە لە خۆڕاگری و قارەمانێتیی شەهید سەعدی و هەڤاڵەکانی دەڕوانێ، بە شێوەیەك کە فەرماندەکانی سوپای عیراق بە سەرسوڕمانەوە باسیان کردووەو لەسەریان نوسیوەو ئاماژەیان بە ئازایەتیی ئەو پێشمەرگانە کردووە. بۆ نمونە، ئیسماعیل نعێمی، یەکێك لە فەرماندەکانی ئەوسای سوپای عیراق کە بەشداریی لە شەڕەکەدا کردووە، لە کتێبەکەیدا «ئەزمونی فەرماندەییم» باسی کردووە کە ئەو شەڕە بۆ سوپای عیراق چەند قورس بووەو تێیدا سوپا دەیان کوژراوو برینداری هەبوە.

یەکێکی تر لە ئەفسەرانی سوپای عیراق کە بەشداریی لەو شەڕەدا کردووەو ناوی لیوا سەباح بوو و ئامر لیوا بوو لە ناوچەی قەڵادزێ، لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ دا لەکاتی وتوویژی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عیراق، ئەو یاوەرمان بوو لەو هەلیکۆپتەرەی کە ئێمەی لە قەڵادزێوە بۆ کەرکوک گواستەوە. ئەو باسی شەڕی دەشتێوی کردو ناڕەحەتی و نەفرەتی خۆی لە شەڕی کوردستان نیشاندا، زۆریش ئاماژەی بە ئازایەتیی پێشمەرگەکان کردو وتی « شەڕێکی نابەرامبەر بوو. ئێمە هەر چوار دەوری پێشمەرگەکانمان گرتبوو، بەڵام خۆیان بەدەستەوە نەدا. شەڕێکی زۆر ئازایانەیان کرد. دوای شەڕەکە، چەندین جار لە ناو خۆمان باسمان کردووەو وتومانە دەبێ پەندی لێ وەرگرین».

شەهید سەعدی عەزیز هەر لە سەرەتای دروستبونی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ سەرکردەو دەستەی دامەزرێنەران، بەتایبەتی ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، خالید سەعید، رەسول مامەند، عومەر مستەفا، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، تاهیر عەلی والی و ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد. یەکێکیش بوو لەوانەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێیان لە سنوری دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی دروست کرد. لەبەر لێهاتویی سیاسی و پێشمەرگایەتیی، هەر زوو بوو بە ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

هەر لە باسی سەعدی عەزیزدا، مولازم جەمال ئەحمەد بەننا کە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ لە ناوچەی سماقوڵی لەگەڵ یاسین قادر پێکەوە شەهید بون، لە نامەیەکدا کە لە ١٣ی کانونی دووەمی ١٩٧٧ بۆ منی نوسیوە، بە ورەو باوەڕێکی زۆرەوە باسی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دەکا لەو ناوچەیەو شانازیش بەوە دەکات کە بۆتە جێگری سەعدی عەزیز.

لەو سەردەمەی کە گەلەکەمان لە قۆناغێکی سەخت و دژواردا بوو بەرامبەر بە هێرشەکانی داگیرکەران، سەعدی عەزیزو هەموو شەهیدانی تری گەلەکەمان ژیانی خۆیان بۆ خەباتی رزگاریی نیشتمانی تەرخان کردبوو و لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان فیدا کرد. ئەوانە وازیان لە هەموو خۆشییەکانی ژیان هێنا بوو و خۆیان بۆ بەدی هێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەمان و سەرخستنی شۆڕش تەرخان کردبوو. بێ دابڕان، تا سەرکەوتنی راپەڕین، نەگۆڕان. بەرامبەر بە دیاردەی گەندەڵیش کە دوای روخانی رژێمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ سەری هەڵدا، دیسان خۆڕاگر بون و متمانەی جەماوەریان لە دەست نەدا. ئەوانە ناویان بە درەوشاوەیی لە لاپەڕەکانی مێژوی خەباتی کوردو کوردستان دەنوسرێتەوە.

هەقە شەڕی دەشتێوو هاوشێوەکانی بنوسرێنەوەو بخوێندرێنەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێستاو ئایندەمان پەندی لێ وەرگرن و ئاشنای ئەو قارەمان و کەڵە پیاوو پێشمەرگە ئازایانە بن.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٩/١/٧).

## سەعید عەبدولڕەحمان مستەفا



کادیر و پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بەشێخ فەرهاد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی شێخانی سورقاوشانی ناوچەی ئاغجەلەر. لەگوندی عەسکەر تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندووە. دواتر خێزانەکەی بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان روی لە شارەزوور کردووەو لەوێ لە رێگەی توتنەوانییەوە مەرجەکانی ژیانی دابین کردووە.

ساڵی ١٩٦٧ پاش ئەوەی باوکی لە لایەن لایەنگرانی باڵی مەلایی پارتی دیموکراتەوە شەهید کرا، لە تەمەنی چوارده ساڵیدا لێپرسراوەتیی بەخێوکردنی حەوت سەر خێزانی کەوتە ئەستۆ. بۆیە نەیرژایە سەر تەواوکردنی خوێندن و بە توتنەوانیو کرێکاری ژیانی گوزەراند.

ساڵی ١٩٧٠ خۆیو خێزانەکەی بە یەکجارەکی لە سلێمانی جێگیر بون. پاش دوو ساڵ بانگهێشتی خزمەتی سەربازی کرا. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، وازی لە سەربازی هێناو گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی. لەوێ لە ڕێی عەلی بچکۆلەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لەو ماوەیدا توانی پەرە بە هۆشیاریی چینایەتیی بدا و سەرقاڵی خوێندنەوەو خۆڕۆشنبیرکردن بێ.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە سلێمانی گیرسایەوەو بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری لە گوندی زەڵێ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٨٢ گوێزرایەوە بۆ سنوری هەرێمی ٢ی کەرکوکو لەوێ کرایە ئەندامی ناوچەو ئەرکی کادیری ڕێکخستن و کادیری ناو جەماوەری پێ سپێردرا. پاش پێکهێنانی کەرتەکانی ڕێکخستن، دوا بەدوای کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەران، بووە ئەندامی پۆل. ساڵی ١٩٨٣ بۆ پۆلی چەمی رەزان گوێزرایەوە.

ساڵی ١٩٨٥ کرایە رابەری سیاسیی تیپی مەڵبەندی دوو لەگوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافەتی. لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا، لەگەڵ چەند کادیرێکدا بۆ ماوەی نزیکەی دوو مانگ لە ناوچەی چەمی رەزان مایەوە. دواتر لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ئۆردوگای پیر شێخ لە نزیک شاری سەردەشتی ئێران گیرسایەوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەشدار بووە لەوانە شەڕەکانی سورقاوشان، قەڵاچوغە، داستانی رزگاری، بیران، عەسکەرو داڵاوا.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا وەك لێپرسراوی بارەگای بەتالیۆنی ١٥ی چەمی رەزان، بەشدار بوو لە رزگارکردنی ناوچەکاندا. پاش راپەڕین لێپرسراوەتیی کۆمیتەی دوکانی پێ سپێردرا و دواتر لە لیوای ٢٢ خزمەتی کرد. پاشان لێپرسراوەتیی کۆمیتەی شەهیدانی گرتە ئەستۆو تا ساڵی ٢٠٠٠ بەردەوام بوو لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە. ساڵی ٢٠١١ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

## سەفین (تیپ)

تیپی ٩١ ی سەفین. تیپێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، لە ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان دامەزراوە. لە دیسپلینی ڕێکخراوەییدا تیپەکە سەر بە مەڵبەندی ٤ بوو کە بارەگاکەی لە گوندی سماقوڵیی ناوچەی خۆشناوەتی بوو.

سنوری تیپەکە لە هەندێ شوێن تێکەڵ بە سنوری تیپەکانی ٩٣ ی کۆیە، ٨٣ی هەورێ و ٨٥ی بەڕانەتی دەبوو، بەڵام زۆربەی سنورەکە ناوچەی خۆشناوەتیی گرتۆتەوەو دوو سەنتەرە شارستانییەکەی شەقڵاوە و هیران لە قەڵەمڕەوەکەیدا بون. نزیکیی سنوری تیپەکە لە هەولێر بایەخێکی زۆری بۆ تیپەکە پەیدا کردووە. بەشێکی زۆری چالاکییەکانی تیپەکە بە هاوبەشی لەگەڵ تیپەکانی تر بووەو زۆربەی ئەو ئۆپەراسیۆنانەش کە تیپەکە بەشداریی تێدا کردوون، ئۆپەراسیۆنی گەورە بون و دەنگدانەوەی زۆریان هەبوە، لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە لە ساڵی ١٩٨٣ بە هاوبەشی لەگەڵ

تیپەکانی ٨٦ ی دەشتی هەولێر، ٩٣ ی کۆیە، ٩٩ ی بیتوێن، ٥٧ ی سەگرمەو ٨٥ ی بەڕانەتی، ئۆپەراسیۆنی گرتنی دێگەڵە بە هەموو فەرمانگە حکومی و رەبیەو بارەگا عەسکەرییەکانییەوە لە ساڵی ١٩٨٧ بە هاوبەشی لەگەڵ تیپەکانی ٨٦ ی دەشتی هەولێر، ٨٧ ی قەرەچوغ، ٩٠ ی باواجی، ٩٣ ی کۆیە، ٨٥ ی بەڕانەتی و تیپی مەڵبەندی ٣، ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی هیران لە ساڵی ١٩٨٧ بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی ٨٥ ی بەڕانەتی، هەروەها شەڕی ١٢ رۆژەی سماقوڵی بە هاوبەشی لەگەڵ تیپەکانی ٨٥ ی بەڕانەتی، ١٩ ی کۆڕەك، ٨٣ ی هەورێ، ٨٦ ی دەشتی هەولێر و ٨٧ ی قەرەچوغ کە تێیدا ئەو تیپانە پێکەوە هێرشەکانی سوپای عیراقیان بۆ سەر سنوری مەڵبەندی ٣ تێکشکاند و پێکەوە سەرکەوتنێکی گەورەیان هێنایە دی.

تیپەکە پێنج فەرماندەی هەیە. یەکەم فەرماندە کە بە دامەزرێنەری تیپەکە دەژمێردرێ عەلی نەبییە کە بۆ ماوەی یەك ساڵ فەرماندەی تیپەکە بووە و شۆڕش حاجی جێگری بوو. ساڵی ١٩٨٣ لە ئاڵوگۆڕی فەرماندەی تیپەکاندا، بەکر مستەفا سەعید فەرماندەی کەرت لە تیپەکە، کرایە فەرماندەی تیپەکەو تەحسین کاوانی بووە جێگری. هەر ئەو ساڵە بەکر مستەفا سەعید لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی بەرەی جود، بە سەختی بریندار بوو و توانای سەرپەرشتی کردنی تیپەکەی نەما، بۆیە تەحسین کاوانی فەرماندەیی تیپی ٩١ی سەفینی گرتە ئەستۆو بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٨٥ کاوانی گوێزرایەوە بۆ بەڕانەتی و کرایە فەرماندەی تیپی ٨٥ ی بەڕانەتی. لەو لاشەوە قادر خەبات فەرماندەی تیپی ٧٤ ی باڵەك، بۆ سنوری خۆشناوەتی گوێزرایەوەو کرایە چوارەم فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین. ساڵی ١٩٨٧ سەفین مەلا قەرە فەرماندەی تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ، لە قەرەچوغەوە بۆ خۆشناوەتی گوێزرایەوەو فەرماندەیی تیپی ٩١ ی سەفینی پێ سپێردرا.

تیپەکە لە ساڵی ١٩٨٨ دا رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا گێڕا، هەروەها لە ساڵی ١٩٩١ دا لە چوارچێوەی پلانی راپەڕیندا رۆڵێکی دیاری لە رزگارکردنی ناوچەکاندا هەبوو، لە سنوری باڵەکایەتییەوە تا دەوروبەری هەولێر. پاش راپەڕینیش، هێزێك بە ناوی هێزی ١١ ی سەفین پێك هێنراو فەرماندەییەکەی بە سەفین مەلا قەرە سپێردرا.

## سەفین مەلا قەرە



پێشمەرگەی دێرینو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و پەرلەمانتار. ناوی تەواوی مەناف نادر قادر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی مەلا قەرەی کەندیناوەی باشوری هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لەگوندەکەی خۆی تەواو کردووە. ناوەندیی لە هەولێرو ئامادەیی کشتوکاڵی لە کەڵەك تەواو کردووە.

کاتێك خوێندکاری ئامادەیی کشتوکاڵ بووە، پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراقدا، بەشداریی لە شۆڕشدا کردوە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بووە. بەڵام ژیانی ئاوارەیی رەت کردۆتەوەو گەڕاوەتەوە بۆ هەولێرو ئامادەیی کشتوکاڵی تێدا تەواو کردووە. دواتر لە لقی پیرمامی فەرمانگەی کشتوکاڵی هەولێر بە کارمەند دامەزراوەو

دواتر بۆ دیبەگەو مەخمور گواستراوەتەوە.
ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٠ بڕیاریدا ببێ بە پێشمەرگەو لەم سەروبەندەدا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لە ساڵی ١٩٨٢دا بووە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە لە سنوری دەشتی هەولێر. هەر ئەو ساڵە، پاش پێکهێنانی تیپەکان، بووە فەرماندەی کەرتی دووی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو زۆری نەبرد بووە جێگری فەرماندەی تیپ. لە ساڵی ١٩٨٥دا دوا بەدوای پێکهێنانی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، کرایە یەکەم فەرماندەی تیپەکە. پاش دوو ساڵ گوێزرایەوە بۆ سنوری خۆشناوەتیو کرایە فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین.
لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی قەڵاسنج، مەلاکانی، گردەسۆر، ئازیانە، سەرباری بەشداریی لە چەند ئۆپەراسیۆنێکی گەورەدا لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی دێگەڵە لە ساڵی ١٩٨٧.
ساڵی ١٩٨٩ بووە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە لە زەڵێو لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە. دوای راپەڕین فەرماندەیی هێزی ١١ی سەفینی پێ سپێردرا.
لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەندامەتیی پەرلەمانی کوردستان کاندید کرا. ساڵی دواتر لە سوپای یەکگرتوی کوردستان فەرماندەیی ناوچەی هەولێری گرتە ئەستۆ.
لە ساڵی ١٩٩٤دا کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر. لە ساڵی ١٩٩٦دا چووە دەرەوەی وڵات و لە ساڵی ٢٠٠٠ گەڕایەوە. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەڵبژێردرا. پاش کۆنگرە لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٨ی راپەڕینی پێ سپێردرا.
لە ساڵی ٢٠٠٢دا بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە قۆناغی گواستنەوەدا. لە ماوەی نێوان ٢٠٠٣-٢٠٠٩دا ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن بووە. ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد. ساڵی ٢٠١٠ ئەرکی ڕێکخستنەوەی کاروباری بزوتنەوەی گۆڕانی لە پارێزگای کەرکوك پێ سپێردرا و دواتر کرایە ئەندامی جڤاتی گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان.

## سەقز (فیستیڤاڵ)

فیستیڤاڵێکی هونەرییە بە ناوی میهرەجانی نەورۆزو هەڵەبجە، لە ٢١ی ئازاری ١٩٩٠ لە هۆڵی سینەمای ئیستیقلال لە شاری سەقز لە ئێران ساز کرا. فیستیڤاڵەکە کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە ژێر دروشمی «بۆ ئاشتی، بۆ مرۆڤ، بۆ کوردستان» سازی کرد.
لەم فیستیڤاڵەدا چەند بەرهەمێکی تیپی شەهید کارزان پێشکەش کران و هەندێ هۆنراوەی تێدا خوێنرانەوە. ئەرکی بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵەکە لەئەستۆی فازڵ قەسابدا بوو، پێشکەشکاریش فەرهاد سەنگاوی بوو. گۆرانیبێژەکان ئەمانەن: حەمە جەزا عەلی، سەلام ئەحمەد فارس، شوان کەریم کابان، عەبدولسەلام حەمید عەلی، ئاکۆ مەحمود، بەناز حەمە جەزا و عەتا حاجی عەلی. کۆرس لەمانە پێکهاتبوو: ستار کەریم، ئەکرەم رەحیم، بەهادین مەجید، هاوڕێ مەحمود، جەلیل حەمە مراد شەریف، ئەکرەم محەمەد ئەمین، دلاوەر ئەحمەد، ڕێباز بابان، بەختیار عومەر،

بادینان جەلال، هونەر حەمە جەزا، تەها حەمە جەزا، بێگەرد حەمە جەزا، نیان جەلال، نیگار هیوا، بەهار زوهدی، ئاشتی ڕەئوف، چنار بەکر، نیگار بەکر. هۆنراوەی سرودو گۆرانییەکان هی پیرەمێرد، هێمن، عەبدوڵڵا پەشێو، جەوهەر کرمانج، گۆران، مەولەوی و ڕەفیق سابیر بوون.

مۆسیقاژەنەکان: ئاراس ئیبراهیم، سۆران جەلال، دلێر ئیبراهیم، دڵشاد مستەفا (دلۆڤان)، شوان کابان و عەتا حاجی عەلی. ئاوازەکانیش هی حەمە جەزا عەلی و ئاراس ئیبراهیم و دلێر ئیبراهیم بوون.

## سەگرمە (تیپ)

تیپی ٥٧ی سەگرمە. تیپێکە ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و کارکردن بە سیستمی تیپەکان دامەزراوە. سنوری هەمان سنوری کەرتی ٢ی بازیان و کەرتی ٤ی جەباری بووە. پاش دامەزراندنی مەڵبەندەکان لە هەمان ساڵ، لەگەڵ ئەو تیپانەدا پۆلێن کراوە کە سەر بە مەڵبەندی دوو بون. ناوی تیپەکە لە ناوی چیای سەگرمەوە هاتووە کە یەکێکە لەچیاکانی زنجیرە چیاکانی بازیان.

ئەم تیپە سێ فەرماندەی بەخۆیەوە دیوە. یەکەم فەرماندەی بەهادین ئەحمەد حەسەن ناسراو بە وەهابی شارباژێڕە کە پێشتر فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بووە. لە ساڵی ١٩٨٣دا بڕیار درا بەهادین ئەحمەد حەسەن بگوێزرێتەوە بۆ دەوروبەری سلێمانیو لێپرسراوەتیی تیپی ٣٣ی سلێمانی بگرێتە ئەستۆ. لەم سۆنگەیەوە، هەر ئەو ساڵە محەمەد غەریب عەبدوڵڵا ناسراو بە ئازاد کە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش بوو، گوێزرایەوە بۆ بازیان و کرایە فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە. لە ساڵی ١٩٨٦دا بڕیار درا تیپێکی تازە بە ناوی تیپی ٥٩ی حەمرینەوە پێك بهێنرێو بڕیارەکە وابوو سنوری تیپە تازەکە لە بەشێکی قەڵەمڕەوی تیپی ٥٧ی سەگرمە و بەشێکی قەڵەمڕەوی تیپی ٥١ی گەرمیان پێك بهێنرێ. بڕیارەکە کە دەبوە هۆی بچوك کردنەوەی قەڵەمڕەوی هەڵسوڕانی هەردوو تیپ، ڕوبەڕوی هەندێ نارەزایی بۆوە لە لایەن تیپی ٥٧ی سەگرمەوە و لە کۆتاییدا ناڕەزاییەکە بەو ئاکامە گەیشت کە فەرماندەی تیپەکە دەست لەکار بکێشێتەوە. لەم سەروبەندەدا مەحمود سەنگاوی کە فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو، وەك سێیەم فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە لێپرساوەتیی تیپەکەی گرتە ئەستۆو و تا ساڵی ١٩٨٨ لەسەر ئەم لێپرساوەتییە بەردەوام بوو.

تیپی ٥٧ی سەگرمە یەکێ لە تیپە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە بوەو لە چەندەها ئۆپەراسیۆنی گەورەدا بەشدار بووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە ساڵی ١٩٨٢دا کە تێیدا شەهیدێکی هەبووە، ئۆپەراسیۆنەکانی بێتواتە (١٩٨٣) و دابان- هەلاج (١٩٨٥) و قەیوان- ماوەت (١٩٨٦) و داستانی ڕزگاری (١٩٨٧)و شەڕەکانی دۆڵی جافەتی لە کاتی بەرپەرچدانەوەی یەکەم شاڵاوی ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨.

## سەلاح جان



ناوی تەواوی سەلاح جان موراد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی بەغدا. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی خوێندنی لە بەغدا تەواو کردووە.

هەرچەند لە بەغدا

ژیاوه، بەڵام هیچ کات لە بزوتنەوەی کوردایەتی دانەبڕاوە. هۆشیاریی سیاسیی زوو نەشونمای کردووە. لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا، لە کاتێکدا کە خوێندکاری دواناوەندیی یەرموکی گەڕەکی کیفاحی شاری بەغدا بووە، لە دەروازەی ڕێکخراوی خوێندکارانەوە چووە ناو جیهانی سیاسەت و بووە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی لقی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی دواناوەندییەکە.

لە ساڵی ١٩٧٥دا، دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕشی کوردستان، لەگەڵ چەند لاوێکی شۆڕشگێڕدا کە زۆر لە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی بیرمەندی ناسراوی فەرەنسا ریژی دۆبرێ دا بون، پەیوەندیی بە ڕێکخراوێکی چەپی نهێنییەوە کرد کە ناوی لەخۆی نابوو ڕێکخراوی «خوێنی شەهیدان». ساڵی دواتر ڕێکخراوەکە هەڵوەشایەوەو ئەندامەکانی چونە ریزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە.

ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ پێکهێنانی ڕێکخراوی «هەڵۆی سور» لە بەغدا، پەیوەندیی پێوە کرد و کاری لە ریزەکانیدا کرد. ڕێکخراوەکە بە فەرمانی کۆمەڵە دامەزرا بوو و ئەرکەکەی گواستنەوەی شەڕ بوو بۆ ناو بەغدای پایتەخت و ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە دژی کاربەدەستان و هاوکارانی ڕژێمی بەعس.

هەمان ساڵ دەزگا ئەمنییەکان توانییان ڕێکخراوەکە لەبەر یەك هەڵوەشێننەوەو ئەندامەکانی دەستگیر بکەن. لە دادگایی کردنی ئەندامانی ڕێکخراوەکەدا، دادگا سزای بەندکردنی هەمیشەیی بۆ سەلاح جان دەرکرد.

ساڵی ١٩٧٩ خۆی و هاوڕێ گیراوەکانی دیکەی، بە لێبوردنی گشتی ئازاد کران. ساڵی دواتر لەگەڵ هەر یەك لە کوردۆ قاسم و تارق ئەحمەد کە هاوڕێی بون لە ڕێکخراوی «خوێنی شەهیدان» پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی، لە ناوزەنگ، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ گوندی توژەڵە بۆ کارکردن لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کە ئەوسا بە ناوی «دەنگی شۆڕشی عیراق» پەخشی دەکرد. لەوێ وەك نوسەر و بێژەر لە بەشی عەرەبی کاری کردو ماوەیەك خۆی و ڕەعد بەشیر ئەسکەندەر ئەرکی بەڕێوەبردنی بەشەکەیان پێکەوە گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨١ بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا کرد.

ساڵی ١٩٨٢ دوا بەدوای تێکچونی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئێران و داخستنی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە تاران، خۆی و هەر یەك لە کوردۆ قاسم، ڕەعد بەشیر ئەسکەندەر، سەلام عەباس و تارق ئەحمەد ئەو ئەرکەیان پێ سپێردرا کە سەرپەرشتیی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کوردە عیراقییە ئاوارەکانی ئێران بکەن، هەروەها خۆی و کوردۆ قاسم و ڕەعد بەشیر ئەسکەندەر ڕاسپێردران ئەرکی پەیوەندیی دیپلۆماتکاری لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی سوریاو لیبیا لە تاران بگرنە ئەستۆو لەم کارەیاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە خودی تاڵەبانییەوە بەسترابونەوە.

ساڵی ١٩٨٣ لە ئێران جێگیر بوو و هەر ئەو ساڵە، پاش پێداچونەوەی شێوەی کاری ڕێکخراوەیی، لێپرساوەتیی کەرتی ڕێکخستنی کوردە عیراقییە ئاوارەکانی ئێرانی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٤ بەشداریی لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد لە مێرگەپان. تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو لەسەر ئەرکە ڕێکخراوەییەکانی لەناو ئێران و پاش ڕاپەڕین گەڕایەوە بۆ کوردستان.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. ساڵی ١٩٩٧ کرایە ئەندامی دەزگای شەهیدان. ساڵی ٢٠٠٠، دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی دەزگای شەهیدان، بە پلەی ئەندامی مەکتەب گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن. ساڵی ٢٠٠١ بەشداریی لە کۆنگرەی

دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد.

ساڵی ٢٠٠٣، پاش روخانی رژێمی عیراق و لە چوارچێوەی سیاسەتی بەشداری کردن لە پرۆسەی سیاسی و بنیاتنانی سیستمێکی دیموکرات لە عیراقدا، لێپرسراوەتیی لقی بەغدای مەکتەبی راگەیاندنی پێ سپێردرا، تا ساڵی ٢٠٠٨ ئەرکەکانی لە بەغدا، لە بارودۆخێکی دژواردا، بە رێکوپێکی هەڵسوڕاند. ساڵی ٢٠٠٨، پاش پێنج ساڵ کارکردن لە بەغدا، گەڕایەوە بۆ سلێمانی بۆ کارکردن لە بارەگای سەرەکیی مەکتەبی راگەیاندن.

## سەلاح چاوشین



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی سەلاح سەعید حەمە قەزاز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦١ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. لە ساڵی ١٩٦٣ دا بۆتە پێشمەرگەی ناو شار. لە ساڵی ١٩٦٤ لە کاتی سەرهەڵدانی دوبەرەکی لە ناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٨دا لە ئامادەیی پۆلیسی بەغدا وەرگیراوە. پاش دوو ساڵ خوێندنی تەواو کردوەو بەکۆمیسێری پۆلیس دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینییەوە کردوە. لە ڕوی پیشەییەوە تا ساڵی ١٩٧٤ لە سلێمانی، رانیە، هەولێر، ئامێدی‌و دهۆك خزمەتی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٤دا دوا بەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لە دهۆك پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە، دواتر بە پلەی سەرلق لە هێزی ئەزمر پێشمەرگایەتیی کردووەو لە شەڕەکانی حەوزی رەواندزو ناوچەی سلێمانیدا بەشدار بووە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، دور خرایەوە بۆ دیوانیەو کەربەلا لە باشوری عیراق و کرایە فەرمانبەر لە فەرمانگەی ئەشغال‌و نیشتەجێ کردن. لەوێ درێژەی بە پەیوەندییە رێکخراوەییەکانی داو پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد.

هاوینی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کردو لە دۆڵی جافایەتی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردەوە. ساڵی دواتر بووە بەرپرسی عەسکەریی ناوچەکانی بناری قەندیل. لە کۆتایی هەمان ساڵ بۆ ناوچەی سلێمانی گەڕایەوەو لەوێدا ماوەیەک بووە بەرپرسی عەسکەریی ناوچەی قەرەداغ. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە نەوشیروان مستەفاوە کرد کە لەو کاتەدا فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێر بوو. هەر ئەو ساڵە بووە بەرپرسی هێزی پارێزگاریی تاڵەبانی لەگوندی نۆکان‌و دواتریش بەفەرمانی تاڵەبانی لەگەڵ هەر یەك لە مەلا بەختیار، غەفور ساڵح ژاژڵەیی‌و جەمال عەلی باپیر رەوانەی سنوری هەرێمی ٤ کرا بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی بەهێزکردنی ئەو هەرێمە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا کرایە فەرماندەی هەرێمی دوو کە سنورەکەی ناوچەکانی کەرکوك‌و چەمی رەزان‌و شوان‌و سورداشی گرتۆتەوە.

ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هەر یەك لە ئەنوەر حەسەن،

شاخەوان عەباس، ئاوات قارەمانی، شۆڕش ئیسماعیل، دانا ئەحمەد مەجید، ئەسکەندەر حاجی ئاغا ئاکرەیی، رەفیق سەبری‌و محەمەد غەریب عەبدوڵلا بەشدار بوو لە خولێکی عەسکەری لە لوبنان کە بەرەی دیموکراتی رزگاریخوازی فەلەستین بۆ کادیرە عەسکەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سازی کردبوو. پاش تەواوکردنی خولەکەو گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە سنوری هەرێمی ٦ لەبناری قەندیل درێژەی بە جموجوڵی پێشمەرگانەی دا. ساڵی ١٩٨٢ سەرپەرشتیی چەند خولێکی عەسکەریی کرد لە دۆڵی مالیمۆس لە نزیك گوندی کانی زەرد، هەروەها لە ناوزەنگ. لەم خولانەدا توانا عەسکەرییەکانی پێشمەرگە مەشقپێکراوەکان پەرەیەکی زۆریان پێ دراوە.

هەر ئەو ساڵە دوا بەدوای پێکهێنانی تیپەکان، کرایە فەرماندەی تیپی ٣١ی بەرزنجە. بەڵام زۆری نەبرد بە پلەی فەرماندەی تیپ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون‌و لەو ماوەیەدا لە ناوچەی سەردەشت و بناری قەندیل بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد.

لە ماوەی ١٩٨٤-١٩٨٧ ئەندامی مەکتەبی عەسکەری بووە. لە ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩٠دا، لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەدا، بۆتە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەك کە بارەگاکەی لە دزڵی بوو.


لە راپەڕینی ١٩٩١دا لە قاسمە رەش لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا کاری کردو دوای راپەڕین هەندێ لێپرسراوەتیی ئەمنیی لە ناو بەرەی کوردستانی پێ سپێردرا. پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بە پلەی عەمید لێپرسراوەتیی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانیی گرتە ئەستۆ.

لە ساڵی ١٩٩٦دا کرایە بەرپرسی هەواڵگری لە فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٥دا بووە یاریدەدەری تاڵەبانی بۆ کاروباری پێشمەرگە. لە ساڵی ٢٠٠٦دا بە پلەی وەزیر خانەنشین کرا.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ دا لەگەڵ نەوشیروان مستەفا لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا بۆوە و هاوتەریب لەگەڵ بەشێنەیی گەڵاڵەبونی پڕۆژەی پێکهێنانی بزوتنەوەی گۆڕان وەك بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکار، پشتگیریی پڕۆژەکەی کردو بەشداریشی لە دامەزراندنیدا کرد. دواتر لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨ دا بووە سکرتێری جڤاتی گشتیی بزوتنەوەی گۆڕان. لە خولی دووەمی جڤاتی گشتیدا، دەستبەرداری پۆستی سکرتێر بوو، بەڵام وەك ئەندامی جڤاتی گشتی مایەوە.

لە کۆتایی تەمەنیدا دوچاری نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، لە ٩ی ئازاری ٢٠١٩ لە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد. پەیامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دواییەوە، وەك «فەرماندەو پێشمەرگەو تێکۆشەری دێرین» ناوی بردووەو تێیدا هاتووە کە سەلاح چاوشین «تەواوی ژیانی بۆ خەبات لەپێناوی سەرفرازی و ئازادیی گەلی کوردستان تەرخان کردووە».

## سەلاح دیلمانی*



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە. ناوی تەواوی سەلاح برایم محەمەد ئەمین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی دیلمانی سەر بە ناحیەی گەڵاڵەی قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر.

خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا و پەیوەندی کردنی شێرزادی برای بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە، خۆیو باوکیو دایکیو دوو برای لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کران و تا ساڵی ١٩٧٨ بەبێ دادگایی کردن لە زیندان مانەوە.

لەگەڵ ئازادکردنی لە ساڵی ١٩٧٨، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەبناری قەندیل لە سنوری هەرێمی ٧ی باڵەك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

پلەکانی پێشمەرگایەتیی بە شێنەیی بڕیوە. ساڵی ١٩٧٩ کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٣ پلەی جێگری فەرماندەی کەرتی لە تیپی ٧٨ی کاروخ پێ درا. ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی کەرتی ٥ی گەڵاڵە. ساڵی ١٩٨٨ لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی رەتڵی پارتیزانەکانی کاروخی پێ سپێردراو لەم سەروبەندەدا تا ساڵی ١٩٨٩ ئەرکی پارتیزانیی لە سنوری تیپی ٧٨ی کاروخ جێبەجێ کرد. ساڵی ١٩٨٩ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٤١ی قەندیل.

لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووەو لەم رووەوە جارێك بە سەختی بریندار بووە، ئەویش لە ساڵی ١٩٨٧دا لە کاتی بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی «داستانی رزگاری»دا.


لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی کارای کردو هەموو ئەو ئەرکانەی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرد کە پێی سپێردرا بون. پاش راپەڕین، کرایە فەرماندەی تیپ لەبەتالیۆنی چوارو ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی بەتالیۆنی مامەڕۆتی گرتە ئەستۆ.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٣-١٩٩٦ دا چەند لێپرسراوەتییەکی هێزی پێشمەرگەی لە برادۆست و سنوری باڵەکایەتیدا پێ سپێردرا و لەم روەوە لە ساڵی ١٩٩٦دا فەرماندەیی لەشکری ١١ی باڵەکی گرتە ئەستۆو هەر ئەو ساڵە لە کاتی شەڕی ناوخۆدا لە کەڵەکی باڵەیان بۆ جاری دووەم لە ژیانیدا بە سەختی بریندار بوو.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٨-٢٠٠٠دا ئەرکی رێکخراوەیی پێ سپێردراو لە سنوری مەڵبەندی ٦ی سۆران کرایە کارگێڕ، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠دا بۆ جاری دووەم فەرماندەیی لەشکری ١١ی باڵەکی پێ سپێردرایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٤دا کرایە فەرماندەی لیوای ١١٨ی باڵەك بە پلەی لیوا.

لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٥دا لە رەوتی شەڕی دژی داعشدا، خۆی و دوو پێشمەرگەی تر بە ناوی محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە حەمەلاو و حەسەن حەمە زیاد ناسراو بە سەرباز، لە گوندی عەتشانەی سەر بە قەزای داقوقی پارێزگای کەرکوک شەهید بوون.

## سەلاح رەفیق حەمە رەحیم*



فەرماندە. ناسراو بە سەلاحی موهەندیس. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٢ لە بەشی میکانیکی ئۆتومبیلی زانکۆی تەکنەلۆژی لە بەغدا وەرگیرا و لە ساڵی ١٩٧٦دا خوێندنی لەوێ تەواو کرد. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٨پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لەو شوێنانەی کە وەك پێشمەرگەو فەرماندەی مەفرەزەو فەرماندەی کەرت پێشمەرگایەتیی تێدا کردوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا گێڕاوە. ساڵی ١٩٨٠ کاتێك هەرێمی ٩ی بەمۆ بە فەرماندەیی شەوکەت حاجی موشیر پێك هێنرا، کرایە جێگری فەرماندەی هەرێمەکە. سنوری هەرێمەکە ناوچەکانی نێوان چیای زمناکۆو خانەقینی گرتۆتەوە کە لەو سەردەمەدا زۆربەی هەرە زۆری تەعریب کرابوو. لە کۆتایی هەمان ساڵ، گوێزرایەوە بۆ شارباژێڕو لەو ماوەیەدا بەشداریی کارای لە چالاکییەکانی ناو شاری سلێمانیدا کرد و لە یەکێ لە چالاکییەکانی ساڵی ١٩٨١ بە سەختی بریندار بوو. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە مالیمۆس.


پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، کرایە فەرماندەی تیپەکە.لەو ماوەیەی کە ئەو تێیدا فەرماندەیی تیپەکەی کردووە، تیپەکە لە بواری چالاکیی پێشمەرگانەدا یەکێ لە تیپە هەرە چالاکەکان بوو.

لە ٢٥ی تەموزی ١٩٨٢دا لە شەڕێکدا لە دۆڵی جافەتی لەگەڵ گروپی چەکداری لەشکری ئیسلامیی کوردستان، شەهید بوو.

## سەڵاح ڕەنجدەر



پێشمەرگەو کادیرو ڕۆژنامەنووس. ناوی تەواوی سەڵاحەددین ئیسماعیل محەمەد ئەمین، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٠ی گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری




کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ لە پەیمانگای گەشتوگوزاری بەغدا وەرگیراو هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوە کردو لەو ڕێگەیەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر، بە هۆی ئاشکرابوونی بەشێکی ڕێکخستنەکانی هەولێر و سلێمانییەوە، بۆ ماوەی ساڵێك هەموو جموجوڵی خۆی هەڵپەسارد. ساڵی ١٩٧٩ دوا بەدوای تەواو کردنی خوێندن و دامەزرانی بە فەرمانبەر لە فەرمانگەی گەشتوگوزاری سلێمانی، جارێکی تر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردەوە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی ڕێکخستنی لە سلێمانییەوە بۆ کەرتی ڕێکخستنی بازیان گوێزرایەوەو لەو کاتەدا ئاوات شێخ جەناب لێپرسراوی کەرتەکە بوو.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە تیپی ٥٧ی سەگرمە بوو بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٥ بوو بە کادیری کۆمەڵەو ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی ناوچەی قەرە حەسەن و بەشێکی رێکخستنەکانی ناوچەی جەباریی پێ سپێردرا. لەو کاتەدا رێکخستنەکان بەهۆی جیابوونەوەی گروپی ئاڵای شۆڕشەوە نەختێك شێواوییان تێکەوتبوو. ئەو توانی شانەو هێڵە پەرش و بڵاوو دابڕاوەکان رێك بخاتەوە.

ساڵی ١٩٨٦ لە ڕێکخراوی ٤ی کۆمەڵە، پلەی ئەندام کەرتی رێکخستنی پێ درا. ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، بەڵام لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا پەیوەندیی بە یەکێتییەوە کردەوە، بەشداریی لە راپەڕیندا کرد و دواتر بووە لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی چەمچەماڵ. ساڵی ١٩٩٣ بووە لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی چەمچەماڵ و لە ساڵی ١٩٩٤دا لە پاڵ ئەم لێپرسراوێتییەدا بە سەرپەرشتیاری ناوچەی چەمچەماڵی مەکتەبی هۆشیاری و روناکبیری دانرا. هەر ئەو ساڵە لە ناو بارەگای کۆمیتەکە رادیۆی دەنگی کەرکوکی دامەزراند و بۆ ماوەی شەش مانگ خۆی بەڕێوەی برد. پاشان مەهدی کاکە حەمەو عارف قوربانی بونە بەڕێوەبەری رادیۆکە. ساڵی ١٩٩٥ بووە لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی ٦ی کەرکوك.

ساڵی ١٩٩٩ گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی پێشمەرگەو لەوێ وەك لێپرسراوی کۆمیتەو ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «رێبەری پێشمەرگە» کاری کرد.

ساڵی ٢٠٠٤ لە کەرکوك رۆژنامەی «رای ئازاد»ی بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەرکرد. ئەم رۆژنامەیە کە لە ماوەی ١٠ مانگدا ٢٠ ژمارەی لێ دەرچووە، یەکەم رۆژنامەی سەربەخۆیە لە کەرکوك دوای روخانی رژێمی بەعس.

ساڵی ٢٠٠٦ بوو بە کارگێڕی مەڵبەندو لێپرسراوی بەشی رووناکبیری و سەرنوسەری گۆڤاری «رێبەری پێشمەرگە». ساڵی ٢٠٠٨ لە بەشی زمانی عەرەبیی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی دەستی بە خوێندن کرد. ساڵی ٢٠١٠ بوو بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندو بەردەوامیش بوو لەسەر کارەکەی وەك سەرنوسەری گۆڤاری «رێبەری پێشمەرگە» تا وەستانی گۆڤارەکە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠١١، دوای ئەوەی کە ١٢٠ ژمارەی لێ دەرچوو. راستەوخۆ پاش ئەمە، هەمان مانگ وەك سەرنوسەری گۆڤاری «سەنگەر» دەستبەکار بوو کە یەکەم ژمارەی لەو مانگەدا دەرچوو. لە پاڵ سەرنوسەریی ئەم گۆڤارە، لێپرسراوەتیی بەشی رووناکبیریی مەڵبەندی پێشمەرگەشی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠١٦ بووە ئەندامی دەستەی کارا لە ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا لە ململانێییەکی سەخت و دژوارو درێژخایەندا بوو لەگەڵ نەخۆشیدا. لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩دا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوندی قەرەوەیس لە ناوچەی قەرەهەنجیر بە خاك سپێردرا. لەم سەروبەندەدا راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پەیامێکی بە بۆنەی کۆچی دواییەوە بڵاوکردەوە، تێیدا هاتبوو کە کۆچکردوو «هەمیشە وەك تێکۆشەرو کادیرێکی دڵسۆزو خۆنەویست ئەرکەکانی راپەراندووە و خەباتی کردووە».

دیاترین بەرهەمەکانی: «بازنەی ئاگر» (٢٠٠٠)، «فەرهەنگی مەشخەڵان بۆ مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» (٢٠٠٦).

بابەتی پەیوەندیدار:

* رێبەری پێشمەرگە (گۆڤار).

* سەنگەر (گۆڤار).

## سەلاحەددین (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق)

کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق کە لە ماوەی ٢٧-٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ لە شارۆچکەی سەلاحەددین لە پارێزگای هەولێر بەستراوەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رۆڵێکی کاریگەری لە بەڕێوەبردن و بڕیارەکانیدا گێڕاوە.

لە ماوەی ٢٣-٢٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٢دا نوێنەرانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە چەند کۆبونەوەیەکی بەراییدا لە شەقڵاوە و سەلاحەددین، دەستیان بە تاوتوێ کردنی پێداویستی و مەرجەکانی بەستنی کۆنگرەیەك کرد کە تەواوکەری کۆنگرەی ڤیەننا بێ. کۆبونەوە بەراییەکان رێیان بۆ بەستنی کۆنگرەکە خۆش کردو لەم سەروبەندەدا بڕیار درا کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە ٢٣ی تشرینی یەکەم لە سەلاحەددین (پیرمام) ببەسترێ، بەڵام دواتر وادەکە بۆ ٢٧ی تشرینی یەکەم دوا خرا.

بەشداربووانی کۆبونەوە بەراییەکان ئەمانە بون: محەمەد بەحرولعلوم، دکتۆر ئەیاد عەللاوی و دکتۆر ئەحمەد چەلەبی لەباتی دەستەی راپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراق، دکتۆر کەمال فوئاد و سامی عەبدولڕەحمان و یونادم یوسف کەننە لەباتی بەرەی کوردستانی، حەسەن نەقیب لەباتی دەستەی سەربەخۆی عیراق، مەهدی عوبێدی لەباتی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی سەر بە سوریا، دکتۆر موبدر وەیس لەباتی پارتی سۆسیالیستی عیراق، دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری لەباتی حزبی دەعوەی ئیسلامی، محەمەد حەیدەری لەباتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق، موحسین حوسێنی لەباتی رێکخراوی کاری ئیسلامیی عیراق، عەباس بەیاتی لەباتی یەکێتیی



ئیسلامیی تورکمانی عیراق، منەووەر حەبیب لەباتی ئەنجومەنی باڵای خێڵەکانی عیراق، دکتۆر موزەفەر ئەرسەلان لەباتی پارتی نیشتمانیی تورکمانی عیراق، راشد حەدیسی لەباتی بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانیی دیموکرات، دکتۆر شەفیق قەزازو نەجم عەبدولکەریم لەباتی ئەنجومەنی ئازادی عیراق و دکتۆر رەحیم عەجینە لەباتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق.

لە کۆبونەوە بەراییەکاندا بڕیار درا کۆمەڵەی گشتیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لە ٨٧ ئەندام پێك بێت، هەروەها لایەنە بەشدارەکان لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە رێژەی نوێنەرانی گروپەکان لە کۆمەڵەی گشتی بەمجۆرە بێ: ٣٥٪ بۆ ئیسلامییەکان، ٢٥٪ بۆ بەرەی کوردستانی، ٢٠٪ بۆ ناسیۆنالیستانی عەرەب، ٦٪ بۆ تورکمان، ٤٪ بۆ لیبرالەکان، ٤٪ بۆ نوێنەرانی خێڵەکانی عەرەب، ٣٪ بۆ کۆمۆنیستەکان، ٣٪ بۆ ئاشورییەکان و ٣٪ بۆ دیموکراسیخوازان.

لە کۆبونەوەکاندا چەردەیەك مەسەلەی گرنگ تاوتوێ کران لەوانە رۆڵی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق و پێگەی سیاسیی لە خەباتدا بۆ روخاندنی رژێمی عیراق و هێنانە دیی دیموکراسی لە عیراقدا. هەروەها پڕۆژەی فیدرال کردنی عیراق وروژێنرا. ئەم مەسەلەیە لە کۆبونەوەکاندا کۆدەنگیی لەسەر نەبوو. گفتوگۆکان لەم بارەیەوە بە ئەنجام نەگەیشتن. نەیارانی فیدرالیزم پێیان وا بوو دەرفەتێك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە رێی ئۆتۆنۆمیی فراوانەوە هەیەو دەشێ مەسەلەی تایفەگەری بە پیادەکردنی سیستمێکی ناسەنترالیست چارەسەر بکرێ. نەیارانی فیدرالیزم پاش ئەوەی کە لە پەشیمان کردنەوەی لایەنگرانی فیدرالیزم بێئومێد بون و بۆ ئەوەی نەبن بە فاکتەرێك بۆ شەرعیەت دان بە پڕۆژەی فیدرال کردنی عیراق، چاوەڕێی بەستنی کۆنگرەیان نەکرد تا لەوێ بیروڕای خۆیان دەربڕن، بەڵکو بڕیاریان دا هەر لە بنەڕەتدا بەشداریی تێدا نەکەن. بەهۆی ئەمەوە ژمارەیەك لایەنی سیاسی بایکۆتی کۆنگرەکەیان کردو ژمارەیەکی تر لە ناو کۆنگرە دژی وەستانەوە.

لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دا کۆنگرەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە سەلاحەددین بەستراو تێیدا بڕیار درا کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراق (INC) وەك قەوارەیەکی سیاسی و چەترێکی کۆکەرەوە بۆ رابەرایەتی کردنی تێکۆشان بۆ روخاندنی رژێمی عیراق، بەردەوام بێ لەسەر ئەرکەکانی خۆی.

سەبارەت بە مەسەلەی فیدرالیزم، کۆنگرە گفتوگۆیەکی گەرم و گوڕی لە بارەیەوە کرد. بەشێکی زۆری کاتی کۆنگرە بۆ تاوتوێ کردنی ئەم مەسەلەیە تەرخان کرا. هیچ مەسەلەیەك بە قەد ئەم مەسەلەیە، لە ناو کۆنگرە مشتومڕی لێ نەکەوتەوە. نوێنەرانی کورد پەسندکردنی فیدرالیزمیان کردە مەرجی بەردەوامبون لە کۆنگرە. سەرەڕای جیاوازیی تێڕوانینەکان، بابەتەکە لە کۆبونەوەکانی کۆمیسیۆنی سیاسیدا بە قوڵی گفتوگۆی لەسەر کرا. لایەنە سیاسییەکان لە ترسی کشانەوەی کورد، هەندێ نەرمییان نواند. بۆ تێپەڕاندنی بابەتەکە، هەندێ لە بەشداربووەکان سیستمی ویلایەتەکانیان هێنانە بەر باس و وایان نیشاندا کە ئەم سیستمە لە سەردەمی ئیسلامیدا پیادە کراوەو ناوەڕۆك و روخسارەکانی لە سیستمی فیدرالییەوە نزیکە. لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا بە چەند دەستەواژەیەك ئاماژە بۆ بابەتەکە کراوە وەك «یەکێتیی فیدرال» ، «سیستمی فیدرال»، «یەکێتیی ئارەزوومەندانە»، «یەکێتیی نیشتمانیی ئارەزوومەندانە»و «مافی چارەی خۆنوسین». بەڵام بەکارهێنانی هیچ کام لەو دەستەواژانە، بابەتەکەی پێ یەکلا نەکراوەتەوە. بەیاننامەکە بە مانای وشە سیستمی فیدرالی رەت نەکردۆتەوە بەڵام لە هەمان

کاتدا بە یەکجارەکی و لێبڕاوانە پەسندی نەکردووە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە بەیاننامەکە رستەو دەستەواژەی بەهێزی بە قازانجی فیدرالیزم و مافی چارەی خۆنوسین بەکار هێناوە. بەیاننامەکە لە چوارچێوەی گەڕان بە دوای فۆرمێکی مامناوەنجیدا کە هەموو لایەنەکان پێی رازی بن، بە دوو ئاراستە چۆتە سەر باسکردنی بابەتەکە. لە لایەك «ڕێز»ی بۆ مافی «دیاریکردنی شێوەی گونجاوی شەریکایەتی لەگەڵ ڕۆڵەکانی نیشتمانی هاوبەش» دەربڕیوە، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو بڕیارەی کە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە شێوەی دیاریکردنی پەیوەندیی یاسایی و سیاسیی نێوان کوردو حکومەتی ناوەند لە ٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ دا دەری کردووە. لە لایەکی ترەوە وای ڕوانیوەتە سیستەمی فیدرال کە «شێوازێکە بۆ حوکمڕانیی عیراق لە ئایندەدا و وەك بنچینەیەك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دامودەزگا دەستورییە شەرعییەکاندا پاش لەناوبردنی ڕژێمی سەددام حسێن و هێنانە دیی گۆڕانی خوازراو، دەبێ پشتی پێ ببەسترێ». لە پەرەگرافی پاشتری بەیاننامەکەدا نزیکبونەوەیەکی زۆرتر لە پەسندکردنی سیستەمی فیدرال و جێبەجێ کردنی پرنسیپی مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆیی هاتۆتە دی، بەڵام بەبێ ناوبردنی سیستەمی فیدرال، بەڵکو لە ڕێی بەکارهێنانی دەستەواژەی «یەکێتیی ئارەزومەندانە»وە. پەرەگرافەکە بەم چەشنە داڕێژراوە کە «یەکپارچەیی عیراق و پێکەوەژیانی نەتەوەکانی» لەسەر بنەمای «یەکێتیی ئارەزومەندانە» دێتە دی. لە پەرەگرافی دادێ جەخت کراوەتە سەر مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کوردو لە پاڵ سەلماندنی ئەم مافەدا جەخت کراوەتەوە سەر «گیانی برایی و یەکێتی و شەریکایەتی لە نیشتمانی هاوبەشدا».

کاتێك دوو بەیاننامەکەی کۆنگرەی ڤیەنناو کۆنگرەی سەلاحەددین بەراوردی یەکتری دەکرێن، دەردەکەوێ کە لە دیکۆمێنتی ڤیەننا مافی چارەی خۆنوسین بە ڕەهایی نەسەلمێنراوەو لە دیکۆمێنتی سەلاحەددین مەسەلەی فیدرالی بە ڕونی یەکلا نەکراوەتەوە. بەڵام لە ڕوی مێژوییەوە، هەردوو دیکۆمێنت، سەرەڕای کەموکورتییەکانیان، ڕۆڵێکی دیاریان لە بەزاندنی هێڵە سورەکانی تاپۆ سیاسییە قەدەغەکراوەکانی سیستەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە و ڕێخۆشکەریش بون بۆ پەسندکردنی سیستەمی فیدرال بە شێوەیەکی دەستوری، بەڵام گەیشتن بە ئامانجی خوازراو پێویستی بە کات بووە. ئەم پرۆسەیە دوانزە ساڵی خایاند، تا لە کۆتاییدا لە دانوستانەکانی بەغدا بە پەسندکردنی سیستەمی فیدرال بەشێوەیەکی دەستوری کۆتایی هات. وەك لە خوێندنەوەی بەیاننامەی کۆنگرەکەی سەلاحەددیندا دەردەکەوێ، هەست دەکرێ داڕێژەرانی بەیاننامەکە زۆر بە وریایی دەستیان بۆ مەسەلەی فیدرالیزم بردووەو هەموو هەوڵ و توانای خۆیان بۆ ئەوە خستۆتە گەڕ کە مەسەلەکە بە کەمترین کێشەوە تێپەڕێنرێ. بۆیە لە پەرەگرافەکانی پەیوەست بە باسکردنی فیدرالیزم، بە تۆنی جیاواز، بەپێی شوێنی بابەتەکە لە پەرەگرافەکەدا، باسی لێوە کراوەو هەندێ جار تەنها بە ئاماژەیەکی سەرپێیی و خێرا بەسەر کراوەتەوە. بەڵام دەشێ بەهێزترین و زەقترین دەستبردن بۆ مەسەلەکە، لەو پەرەگرافەی بەیاننامەکەدا بەدی بکرێ کە تێیدا وا دانراوە کە ئەلتەرناتیڤ و جێگرەوەی ڕژێمی عیراق « خۆی لە ڕژێمێکی دەستوریی پەرلەمانیی دیموکراتی فیدرالی فرەییدا دەنوێنێ».

لە لایەکی ترەوە، کۆنگرە پشتیوانیی لە دەستەبەرکردنی مافەکانی تورکمان و ئاشورییەکان کردو داوای دادگایی کردنی سەددام حسێنی کرد.

لە پەیپەری سیاسیدا کە کۆنگرە پەسندی کرد،

داوا له حکومەتەکانی ئێران، تورکیا، سعودیەو سوریا کرا له کۆبونەوەی چوارقۆڵییان که نیاز وابوو له تشرینی دووەمدا له تورکیا ببەسترێ، پشتگیریی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بکەن بۆ روخاندنی رژێمی سەددام حسێن و رازی بن شاندێکی کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراق ئامادەی کۆبونەوە چوارقۆڵییەکە بێ «بۆ نمایش کردنی مەسەلەی گەلی عیراق».

له ٣١ی تشرینی یەکەمدا که دوایین رۆژی کۆنگره بوو، پڕۆژەی پەیڕەوی بنچینەیی پەسندکرا که له ٤٤ مادده پێك هاتبوو، تێیدا هاتبوو که عیراقی داهاتوو به «سازان» بەڕێوه دەبرێ، ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتی بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراق له سێ ئەندام به رەچاوکردنی فرەیی سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبی پێك دەهێنرێ، ئەنجومەنێکی راپەڕاندنیش له ٢٧ ئەندام بۆ رایی کردنی کاروباری کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراق پێك دێت. هەروەها پەیڕەوەکە بڕیاریدا قۆناغی گواستنەوە، پاش روخانی رژێمی عیراق، نابێ له یەك ساڵ زیاتر بێ.

بەپێی پەیڕەوی بنچینەیی، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی له محەمەد بەحرولعلوم (شیعە)، حەسەن نەقیب (سوننە) و مەسعود بارزانی (کورد) پێك هات. ئەنجومەنی راپەڕاندنیش به سەرۆکایەتیی دکتۆر ئەحمەد چەلەبی پێك هات و یەکێ له سێ جێگرەکەی دکتۆر لەتیف جەمال رەشید بوو که نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. سەربار، یەکێتی ئەندامێکی دیکەی له ئەنجومەنی راپەڕاندن هەبوو که دکتۆر کەمال فوئاد بوو.

له کاتی بەستنی کۆنگرەدا هێزەکانی تورکیا سنوری عیراقیان بەزاندو کەوتنه شەڕکردن لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە. کۆنگرە، لەسەر پێشنیاری عەلی شنگالی، ناڕەزایی لەم بارەیەوە دەربڕی و داوای کشانەوەی دەستبەجێی هێزەکانی تورکیای کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

*ڤیەننا (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق).

## پاشکۆ

## بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی سەلاحەددین (١٩٩٢)

له سۆنگەی هەست کردنێکی بەرزەوە به لێپرساوەتیی نیشتمانی و به هۆی پەرۆشییەوە بۆ یەکپارچەیی عیراق و گەلەکەی، بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق له سەلاحەددین (هەولێر) کۆبۆوەو له ماوەی نێوان ٢٧-٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ به ئامادەبونی دەوروبەری ٣٠٠ کەسایەتیی عیراقی که نوێنەرایەتیی پێکهاته سیاسییه نیشتمانی و ئیسلامی و نەتەوەخوازییەکانی عەرەب و کوردو رەوته فیکرییه جیاوازەکان دەکەن، به ئامادەبونی ژمارەیەك میوان، کۆبونەوەیەکی فراوانی کۆمەڵەی نیشتمانیی کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراقی بەست.

ئەم کۆبونەوە گرنگ و مێژوییه پاش یەك مانگ له کۆبونەوەی هێزو گروپ و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانیی عیراق لەسەر خاکی نیشتمان له ئەیلولی ١٩٩٢ و رێککەوتنیان لەسەر یەکخستنی هەوڵەکانیان له چوارچێوەی کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراقدا، دەبەسترێ.

به هەڵهێنانی ئەم هەنگاوە گرنگە، بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق تواناو کۆششی خۆی لەسەر رێی راست، رووەو ئامانجی هاوبەش که روخاندنی رژێمی دیکتاتۆره دەخاته گەڕ، هەروەك هەوڵی هێنانه دیی ئەلتەرناتیڤێك دەدا که به دەم ویستی گەلەوە دەچێ و خۆی له رژێمێکی دەستوریی پەرلەمانیی

دیموکراتی فیدرالی فرەییدا دەنوێنێ کە جیاکاری و چەوساندنەوەی تایفەگەری و رەگەزی ناهێڵێ، دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەکان دادەمەزرێنێ، ریز لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەگرێ، هەروەك رێز لە بیروباوەڕی گەلیش دەگرێ کە خۆی لە ئیسلامدا وەك ئاینی دەوڵەت و بەها جوان و نەریتە میانڕەو و رێبازە چاکەکەی دەبینێتەوە.

بە درێژایی پێنج رۆژی پڕ کارو چالاکی و بەرپرسیارێتی، ئامادەبووان رەوشی سیاسیی عیراق و بارودۆخی پەیوەست بە مەسەلەی عیراق و ئاڵۆزییەکانی ئەم پرسەیان لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهانی عەرەب و نێودەوڵەتان تاوتوێ کردو جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە قەیرانی تەشەنەسەندوی رژێمی سەددام و گۆشەگیرییە کوشندەکەی دەبێ بە بەرژەوەندیی بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق و گەلی عیراق یەکلا بکرێتەوە نەك بە بەرژەوەندیی دوژمنان.

هەروەها لە رەوشی مەینەتبارو مەترسیداری گەلەکەمان و نەهامەتییە مرۆیی و ئابوری و دەرونییەکەیان کۆڵییەوە کە زادەی مانەوەو سەرکێشی و جەنگ و سیاسەتە تۆقێنەرەکانی رژێمی دەسەڵاتدارە و بە بێ جیاوازی، هەموو گەل و تەواوی ناوچەکانی عیراقیان گرتۆتەوە، بەتایبەتی باشوری نیشتمان و وردتر ناوچەی ئەهوار کە لەوێدا سەرکوت کردن و لەناوبردن بەردەوامە، هەروەها باکوری نیشتمان (کوردستان) کە ناوچەکە هێشتا بە دەم ئاسەواری تێکدان و ئابڵوقەی ئابورییەوە دەتلێتەوە، سەرباری ناوچەکانی ناوەڕاست کە هەموان تێیدا، بە عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشورییەوە، بە شیعە و سوننەوە، بە موسڵمان و مەسیحییەوەو بە هەموو لایەنگرانی رەوتە سیاسی و فیکری و ئاراستە نەتەوەیی و ئاینی مەزهەبییەکانەوە، روبەڕوی تیرۆر و پاکتاوکردن بونەتەوە.

بەشداربووانی کۆنگرە بایەخ و پێویستیی جۆشدانی هەموو وزەو تواناکانیان بۆ پەلەکردن لە روخاندنی رژێمی نەگریسی سەددام حسێن تاوتوێ کردو ئەمەیان بە دەستپێکی هەر گۆڕانێکی ریشەیی ژمارد، بە جەخت کردن لەسەر گرنگیی نەهێشتنی بارودۆخی نائاسایی و هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی دژ بە ئازادی و دادگا تایبەتەکان و ئەو دامودەزگایانەی کە بونەتە مایەی چەسپاندنی دیکتاتۆری.

هەروەها بەشداربووانی کۆنگرە بە بایەخێکی زۆرەوە پێشهاتەکانی باشوری عیراقیان تاوتوێ کرد، بەتایبەتی بڕیاری دەوڵەتە هاوپەیمانەکان سەبارەت بە قەدەغەی فڕین لە باشوری هێڵی پانی ٣٢و جەختیان کردە سەر گرنگیی پەرەپێدانی ئەم بڕیارە بە پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە جۆرێك کە ناوچەکە بکرێتە ناوچەیەکی ئارام و لە ژێر چاودێرییەکی توندی نێودەوڵەتیدا بێت، لەگەڵ پێداگرتن لەسەر گرنگیی پاراستنی دانیشتوانی ناوچەکە کە گیریان بە دەست کاربەدەستانی رژێمی ستەمکارو هێرشە بەردەوامەکانییەوە خواردووە.

هەروەها بەشداربوانی کۆنگرە سەقامگیرکردن و پەرەپێدانی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ بە پێویست دەزانن بۆ ئەوەی بڕیارەکە سەرتاسەری عیراق بگرێتەوە، هەروەك بە پێویستی دەزانن مافی مرۆڤ دەستەبەر بکرێ و کۆتایی بە داپڵۆسینی دانیشتوان بهێنرێ، ئەویش لەو روانگەیەوە کە دەقی بڕیارەکە رونی کردۆتەوە کە داپڵۆسینی دانیشتوان مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی، کە ئەمەش پێویست بەوە دەکات رژێمی عیراق بە زۆر پێوەی پابەند بکرێ و وای لێ بکرێ گەرەنتیی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە پێشکەش بکات. بەشداربووان بەوپەڕی نیگەرانییەوە دەڕواننە هەوڵەکانی رژێم بۆ گۆڕینی سیمای

دیمۆگرافیی ناوچەی ئەهوارو وشك كردنەوەی و بێبەش كردنی دانیشتوانەكەی لە سەرچاوەكانی ژیان و گوزەران كە ئەمەش پێویست بە بزواندنی رای گشتیی جیهان و نەتەوە یەكگرتووەكان دەكات بۆ فریاكەوتنی هاووڵاتییان و ژینگەی ئەو ناوچانە. بە لای بەشداربووانی كۆنگرەوە سەركوت كردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەشێكە لە سەركوت كردنی بەردەوام و چەوساندنەوەی زۆرینەی عەرەبی شیعە كە بە شێوەی جیاواز هەوڵ دراوە ناوبانگیان بشێوێنرێ، نیشتمانپەروەرێتی و هاووڵاتیبونیان بخرێتە ژێر گومانەوەو دەستدرێژی بكرێتە سەر كەلەپورو بەهاو رێ و رەسمەكانیان، سەرباری دەستدرێژی بۆ سەر مەرجەعەكانیان، وەك ئەوەی لە ساڵانی رابردوودا رویدا، كاتێك دەستدرێژی كرایە سەر زانكۆی ئاینیی نەجەف كە دەوروبەری هەزار ساڵە هەیە، هەروەك دەستدرێژی كرایە سەر شوێنە پیرۆزەكان لە نەجەف، كەربەلاو شارە پیرۆزەكانی تر، بەتایبەتی لە كاتی راپەرینە شكۆمەندەكەی ئازار (شەعبان) دوا بە دوای تێكشكانی رژێمی عیراق لە جەنگی دووەمی كەنداو كە ئەمەش بە تاوانێكی گەورە دەژمێردرێ.

كۆبونەوەكە سەری رێزو نەوازشی بۆ رۆڵی پێشرەوانەی مەرجەعە مەزنەكان و زانا تێكۆشەرەكانی ئیسلام دانەواند كە لە ململانێدا لە پێناوی وەدەست هێنانی ئازادی و پاراستنی سەروەریی نیشتمان و پارێزگاری كردنی بیروباوەڕو كەلەپورو بەهاكان و سەربەرزیدا، ئەركی جۆشدانی جەماوەریان گرتۆتە ئەستۆ. هەروەها كۆبونەوەكە جەختی كردە سەر گرنگیی بەردەوامبونی ئەم رۆڵە لە قۆناغی بنیاتناندا لە سایەی ژیانێكی دەستوریی ئازاددا لە عیراق.

بەشداربووانی كۆبونەوەكە كۆدەنگ بون لەسەر ئەوەی كە تەنها بە دانانی سنورێك بۆ جیاكاری و چەوسانەوەی تایفەگەری و دواجار تەنها بە لەناوبردنی تایفەگەریی سیاسی، رژێم لەناو دەچێ، میراتە قێزەونەكەی پاكتاو دەكرێ و هەوڵەكانی بۆ نانەوەی ئاژاوەو تێك بەردانی موسڵمانانی شیعەو موسڵمانانی سوننە دەپوكێنەوە، چونكە موسڵمانە سوننەكانیش لەسەر دەستی رژێم سەركوت كراون، هەروەك چەندەها ئەندامی حزبی دەسەڵاتداریش كە دژی رژێمن و دژایەتییان كردووە، سەركوت كراون. ئەمەش هەر هەموی نیشاندەری ئەوەیە كە ئەم رژێمە نوێنەرایەتیی هیچ تایفەو نەتەوەو گروپێك ناكا، بەڵكو دوژمنی هەموو گەلە.

كۆبونەوەكە داوای كرد سود لە جێبەجێ كردنی بڕیاری ژمارە ٧٧٨ی ئەنجومەنی ئاسایش، پەیوەست بە هەندێ لە پارەو پولی بلۆككراوی عیراق، وەربگیرێ و داوای لە كۆمەڵی نێودەوڵەتی كرد بەشی هەرە زۆری ئەو پارەو پولە بۆ كاروباری فریاگوزاری و دابەش كردنی كۆمەك و باربوو بەسەر دانیشتوانی سیڤیل بەپێی هەردوو بڕیاری ٧٠٦ و ٧١٢ لە رێگای نەتەوە یەكگرتووەكان و دەستە جۆراوجۆرەكانی نوێنەرانی خەڵكەكەوەو كاركردن بۆ پڕكردنەوەی بۆشایی ئیداری و سیاسی لەو ناوچانەدا هەر كات ئەو بۆشاییە دروست بوو و رێ نەدان بە رژێم بۆ قۆستنەوەی یارمەتییەكان بە قازانجی خۆی و دەستوپێوەندەكانی.

لە سەروبەندی تاوتوێ كردنی مەسەلەی كوردو رێوشوێنەكانی چارەسەری خوازراودا، كۆبونەوە راستیی فرەیی و هەمەجۆریی پێكهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و سیاسیی كۆمەڵگای سەلماندو هاوڕا بوو لەسەر گرنگیی پتەوكردن و سەقامگیر كردنی یەكێتیی نیشتمانیی ئارەزومەندانەو یەكسانیی تەواوی نێوان هەموو هاووڵاتییان و لەم روەوە رێزی لە گەلی كوردو ویستی ئازادانەی گرت سەبارەت بە دیاریكردنی رێوشوێنی گونجاوی شەریكایەتی لەگەڵ رۆڵەكانی

نیشتمانی هاوبەش و لەم سەروبەندەدا بە دیار بڕیاری یەکێتیی فیدرالییەوە هەڵوەستەی کرد، فۆرم و ئەزمونەکانی سیستمی فیدرالی تاوتوێ کردو وای دانا کە ئەم سیستمە شێوازێکە بۆ حوکمڕانیی عیراق لە ئایندەداو وەك بنچینەیەك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دامودەزگا دەستورییە شەرعییەکاندا، پاش لەناوبردنی رژێمی سەددام حسێن و هێنانە دیی گۆڕانی خوازراو، دەبێ پشتی پێ ببەسترێ.

لەم روەوە کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراق جەختی کردەوە سەر بڕیارەکانی کۆبونەوەکانی ئەیلولی رابردوی سەلاحەددین و شەقڵاوەو کۆنگرەی حوزەیرانی رابردوی ڤیەننا پشت راست کردەوە لەمەڕ پەرۆشی بۆ یەکپارچەیی عیراق و پێکەوەژیانی نەتەوەکان لەسەر بنچینەی یەکێتیی ئارەزومەندانە و بەم کارەی هەموو ئەو درۆو دەلەسانەی رژێمی دیکتاتۆری پوچەڵ کردەوە کە گوایە هەڕەشەی دابەشکردنی عیراق و هەوڵی جیابونەوەو وردوخاش کردن و پارچە پارچە کردن لە ئارا دایە، لە کاتێکدا ئەوەی کە سوکایەتیی بە سەروەریی نیشتمان کردووەو سەروەری و سامانەکانی بەفیڕۆ داوەو بڕیاری زاڵمانەی قبوڵ کردووە، رژێمی عیراقە. بۆیە مانەوەی ئەم رژێمە مایەی هەڕەشەیەکی راستەقینەیە بۆ سەر یەکپارچەیی و سەروەریی عیراق، هەروەك هەڕەشەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامیشە بۆ سەر گەل و دەرو دراوسێ و ئاسایش و ئاشتیی جیهان.

کۆبونەوەکە بە ئەوپەڕی سوربونەوە پشتیوانیی لە هێنانە دیی ئاواتە رەواکانی گەلی کورد کردو پشتگیریی پاکتاوکردنی تەواوی روخسارەکانی چەوسانەوەو داپلۆسینی رەگەزیی کرد، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو پرنسیپە یاساییەی کە دان بە مافی چارەی خۆنوسیندا دەنێ و جەخت دەکاتە سەر گیانی برایی و یەکێتی و شەریکایەتی لە نیشتمانی هاوبەشدا. کۆبونەوەکە پێی وایە ئەزمونی هەڵبژاردنی دیموکراتیی کوردستان کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ بەرهەم هاتووە، هەنگاوێکی گرنگە بۆ بڵاوکردنەوەی ئازادییەکان. هەروەها کۆبونەوەکە پرسی جیاکاریی دژی تورکمان و ئاشورییەکانی هێنایە بەر باس و جەختی کردە سەر رێزگرتن لە مافە نەتەوەییە رەواکانیان و دەستەبەرکردنی یەکسانییان و سەلماندنی لە دەستوردا بە جۆرێك کە ببێ بە مایەی چەسپاندنی گیانی برایەتی و بەدیهێنانی تەبایی لە نێوان گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عیراقدا.

هەروەها بەشداربووانی کۆبونەوەکە بانگەوازێکیان بۆ گەلی عیراق و بۆ هێزە چەکدارەکان و ئەندامانی حزبی دەسەڵاتدار، بەوانەشەوە کە دەستیان لە ئەنجامدانی هەندێ تاواندا هەیە، بڵاوکردەوە. لە بانگەوازەکەدا داوایان کرد پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ، دەستبەرداری دیکتاتۆر سەددام حسێن بن تاکو بە تەنیایی روبەڕوی چارەنوسی چاوەڕوانکراوی خۆی ببێتەوە، دەست لە رژێم هەڵگرن و بچنەوە بەرەی گەل، هەروەك جەختیان کردە سەر پێویستی و گرنگیی وەلانانی گیانی تۆڵەسەندنەوەو سزای بەکۆمەڵ.

لە هەمان کاتدا کۆبونەوەکە بانگەوازێکی تایبەتی ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان کرد بۆ بەشداری کردن لە هەڵمەتی دادگایی کردنی سەددام حسێن لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا بە گوناهی پێشێل کردنی شەرعیەتی نێودەوڵەتی و وەك تاوانباری جەنگ و ئەنجامدەری جینۆسایدو بەردەوامبون لەسەر هەوڵەکان بۆ رێگرتن لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەددام حسێن و رژێمەکەی.

بەشداربووانی کۆنگرە داوای یارمەتیدانی گەلی عیراق و دابین کردنی کۆمەکی دارایی و ئابورییان لە رای گشتی عەرەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتی کرد، بەتایبەتی کە گەلی عیراق بە دەم برسێتی و دەستکورتی و گرفتە کۆمەڵایەتی و تەندروستییە دژوارەکانەوە دەناڵێنێ و داواکار بون بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پاراستنی دانیشتوانی باشورو فریاکەوتنی ژینگەدا بکەن.

کۆبونەوەکە سەری رێزو نەوازشی بۆ راپەڕینی ئازار (شەعبان)ی ١٩٩١ی گەلە مەزنەکەمان و قارەمانەکانی دانەواندو هیوای خواست پەندی لێ وەربگیرێ چونکە ئەم راپەڕینە لە مەسەلەی رەتکردنەوەی یەکجارەکیی رژێمدا بەرجەستەکەری ویستی گەل بووە. کۆبونەوەکە داوای لە هەموو عیراقییەکان بە هەموو ئاراستەو رەوتە فیکری و سیاسییەکانەوە کرد، هاوکاریی کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراق بکەن و ئامادەیی هەمیشەیی خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکان دەربڕی.

بەشداربووانی کۆبونەوەکە بە رێزو پێزانینەوە رۆڵی ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەیان هەڵسەنگاند کە پشتیوانییان لە بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق کردووە، بەتایبەتی شانشینی عەرەبی سعودیەو دەوڵەتە دۆستە ئیسلامییەکانی وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆماری تورکیاو هەموو ئەو هێزو وڵاتانەی کە کۆمەکیان پێشکەش بە عیراقییەکان و بزوتنەوە نیشتمانییەکەیان کردووە.

بەشداربووانی کۆبونەوەکە بەسەر حەوت کۆمیسیۆندا دابەش بون و پەیپەرێکی سیاسی و پەیڕەوێکی بنچینەییان پەسند کرد کە هیچی کەمتر نەبوو لە راگەیاندنی دەستور، هەروەك پەیپەرێکی ئابوری، پەیپەرێکی میدیایی، پەیپەرێکی تایبەت بە کاری مەیدانی، پەیپەرێکی کاری فریاگوزاری و پەیپەرێکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤیان پەسند کرد، سەرباری دەرکردنی چەردەیەك بڕیارو راسپاردە بۆ کاراکردنی کاری نیشتمانی.

لە کۆتایی کۆبونەوە فراوانەکەی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقدا، بەشداربووەکان ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتییان لە سێ ئەندام و ئەنجومەنێکی راپەڕاندن و ئەنجومەنێکی راوێژکاریان هەڵبژارد.

کۆبونەوە فراوانەکە بە پێداگرتن لەسەر درێژەپێدانی تێکۆشان لەپێناوی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری ستەمکارو رزگارکردنی وڵات لە شەڕانگێزی و بەدکارییەکانی و گێڕانەوەی ئاوارەو دەرکراوەکان بۆ عیراق و سازکردنی هەڵبژاردنێکی ئازادو بێگەرد بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نیشتمانی بۆ دانانی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ وڵات و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی سەقامگیری و ئاسایش و دڵنیایی و دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو دادو ئازادی، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

سەلاحەددین ١٩٩٢/١٠/٢٧

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## سەلیم حەمە ئاغا



فەرماندە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی چۆمی کانیانی سەر بەقەزای پشدەر. ساڵی ١٩٧٦ بوو بە پێشمەرگە لەکەرتی ئاسۆسی هەرێمی چوار، ساڵی ١٩٧٨ کرا بە فەرماندەی کەرت و هەمان ساڵیش کرا بە جێگری فەرماندەی هەرێمی ١١. ساڵی ١٩٨٦

کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٦٨ی مامەندە، هەمان ساڵ بووە فەرماندەی تیپی ٣٧ی شارباژێر. بەشداریی چەندین شەڕو رووبەڕوو بوونەوەی کردووە، لەوانە ئۆپەراسیۆنی هەکاری، داستانی قەیوان-ماوەت و چەندین چالاکیی دیکە. ساڵی ١٩٨٩ بووە فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی پشدەر کە پێکهاتبوو لەتیپەکانی ٩١ی سەفین و ٧٩ی سادر و ٩٣ی کۆیە.

ساڵی ١٩٩١ بووە جێگری فەرماندەی هێزی ٩ی پشدەر. لە راپەڕیندا بەشداریی رزگارکردنی رانیەو کەرکوکی کرد. ساڵی ١٩٩٢ کرایە فەرماندەی هێزی ٩ی پشدەر، ساڵی ١٩٩٣ لە سوپای یەکگرتووی کوردستان کرایە ئەفسەر بە پلەی مقەددەم.

ساڵی ١٩٩٥ بووە فەرماندەی لیوای پشدەر، ساڵانی دواتریش چەندین پلەو بەرپرسیارێتیی دیکەی پێدرا لەوانە: بەرپرسی قۆڵی کێوەڕەش، فەرماندەی فەرماندەییەکانی ١٢ی پشدەرو بیتوێن و لەم سەروبەندەدا بەشداریی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی ئەنسارولئیسلامی کردووە. دوا لێپرساوەتیی، کارگێڕی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە بوو بە پلەی لیوا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە. بە هۆی بوونی ساچمە لەسەری و کاریگەریی چەکی کیمیایی لەسەر تەندروستیی، دووچاری نەخۆشیی سەخت ببوو. لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ لە قەڵادزێ کۆچی دوایی کرد.

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

دامەزراوەیەکی زانستییە، تایبەتمەندە بە تاوتوێ کردنی مەسەلە ستراتیجیو نێودەوڵەتییەکان و لەم گۆشە نیگایەوە بایەخێکی تایبەت بە بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەدا.

بیرۆکەی دامەزراندنی، زادەی ئەو گفتوگۆیانە بووە کە لە نیسانی ١٩٩١دا لە ڕانیە لە نێوان فەرید ئەسەسەرد ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو مستەفا برایم دەروێش کادیری پێشکەوتوی رێکخستنەکانی قەڵادزێی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هاتونەتە ئاراوە. لە هاوینی هەمان ساڵدا لە کۆبونەوەیەکدا لە بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لەگەڵاڵە لە نێوان فەرید ئەسەسەردو مستەفا برایم دەروێش و مەحمود رەزا، مەسەلەی دامەزراندنی سەنتەرەکەو دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ستراتیجی تاوتوێ کرا و بڕیاری لێ درا.

لە سەرەتادا بارەگایەك لە هەولێر بۆ رایی کردنی کاروباری گۆڤارو سەنتەرەکە کرایەوەو لە نیسانی ١٩٩٢دا یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە دەرچوو. هەرچەند گۆڤارەکە ناوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی لەسەر بوو، بەڵام بەکردەوە تا ئەو کاتە هێشتا سەنتەرەکە دانەمەزرا بوو. لەو ماوەیەدا پەیوەندی بە کۆمەڵێك کادیری شارەزاوە کرا لەوانە نەجمەددین فەقێ عەبدوڵلاو ئاکۆ وەهبی و ئازاد چالاك و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣دا بارەگای سەرەکیی سەنتەر لە گەڕەکی عەقاریی شاری سلێمانی کرایەوە.

لە سەرەتای دامەزراندندا، سەنتەر سەر بەمەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. ئەم پەیوەندییە لەگەڵ مەکتەبی راگەیاندندا تا ساڵی ١٩٩٤ بەردەوام بوو. لە کانونی دووەمی ١٩٩٤دا سەنتەر هیچ پەیوەندییەکی بە مەکتەبی راگەیاندنەوە نەما و وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ کاری کرد. هەروەها لە هەمان ماوەدا سوکە گۆڕانێك بەسەر ناوی سەنتەردا هات و تێیدا سەنتەر چیتر ناوی «سەنتەری

لێکۆڵینەوەی ستراتیجی»ی بەکار نەهێناو لەجیاتی ئەم ناوە ناوی «سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان»ی هەڵبژارد. لە ناوخۆدا لێپرسراوەتییەکان بەم جۆرە دابەش کران: مەحمود رەزا بووە بەڕێوەبەری سەنتەر، فەرید ئەسەسەرد درێژەی بە لێپرسراوەتیی خۆی دا وەك سەرنوسەری گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیو مستەفا برایم دەروێش بووە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە، سەرباری ئەوەی کە وەك توێژەر بەردەوام بوو لە کارکردن لە سەنتەر. ساڵی ١٩٩٧ فەرید ئەسەسەرد بووە بەڕێوەبەری سەنتەر.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠١دا سەنتەر سێ گۆڤاری بە زمانی عەرەبی، تایبەت بە کاروباری ناوچەکەو جیهان، دەرکرد کە بریتی بون لە «کاروباری تورکیا» (١٩٩٨)، «کاروباری ئەوروپا» (١٩٩٩)و «ئاسۆکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» (١٩٩٩). هەروەها لە ساڵی ٢٠٠١ بە دواوە سەنتەر بەرنامەیەکی تازەی دەست پێ کرد کە تێیدا چوار گۆڤاری ئەکادیمیی بە زمانی کوردی دەرکرد کە هەر یەکێکیان بە بوارێکی دیاریکراوی کاروباری نێودەوڵەتی تایبەتمەند بوو. بەپێی بەرنامەکە، لە ساڵی ٢٠٠١دا سەنتەر گۆڤاری «سیاسەتی نێودەوڵەتان»و لە ساڵی ٢٠٠٥دا گۆڤاری «دۆسێی تورکیا»و لە ساڵی ٢٠٠٦دا گۆڤاری «دۆسێی ئێران»و گۆڤاری «دۆسێی ئیسلام»ی دەرکرد کە سەرنوسەرەکانیان هەر یەك لە دکتۆر یوسف گۆران، ئارام عەلی عەزیز، فەیسەل عەلی خورشید و حەسەن یاسین بون.

لە یەکی نیسانی ٢٠٠٤دا سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان بە پێی هەردوو ماددەی ٧و٨ی یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣ی کۆمەڵەکان، مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت.

ساڵی ٢٠٠٥ بارەگای سەنتەر بۆ گەڕەکی شەهیدانی سەرچنار گوێزرایەوەو ساڵی ٢٠١٠ بۆ گەڕەکی راپەڕین.

## پاشکۆی ژمارە ١

## پێناسەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەزگایەکی زانستییە، مەبەستی قازانجی ماددی نیە. ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە. بارەگای سەرەکیی لە سلێمانییە.

سەنتەر لەو مەسەلە ستراتیجییانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە هەلومەرج و ئایندەی کوردستانەوە هەیە لەسەر ئاستی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیو کەلتوریو لەو روانگەیەوە بایەخ بە مەسەلە ئیقلیمی و جیهانییەکان دەدا.

ئامانجەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان بریتین لە:

١-ئامادەکردنو بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستیی گشتلایی دەربارەی کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان.

٢-ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و دەسخستنی زانیاریو شیکردنەوەی وردو پێویست بۆ دروستکەرانی بڕیار لە کوردستان.

٣-ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارەکانی کاروباری سیاسەتی نێودەوڵەتان، دیموگرافیا، ژینگەو پەرەپێدان بۆ پشتیوانیکردنی مەسەلەی دارشتنی ستراتیج و سیاسەتی پەرەپێدانی ئاینده.

٤-پەیداکردنی هۆشیارییەکی گشتی دەربارەی مەسەلەکانی دنیا.

٥-بەشداریکردن لە بزاوتی کەلتوریو بیریاریی کورددا بە مەبەستی گەلاڵەکردنی هێڵێکی پراگماتیکی- ئەکادیمی لە بواری سیاسەتی ناوخۆو پەیوەندیی نێودەوڵەتاندا.

٦-هاندانی لێکۆڵیارانی کورد بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییەکانیان لە بواری سیاسەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتان، ئابوری، پەرەپێدان، دیموگرافیا، وزە، ژینگە.

٧-پەیداکردنی پەیوەستی کەلتوری لە نێوان ئەو لێکۆڵیارانەی شارەزاییان لە کاروباری نێودەوڵەتاندا هەیە.

٨-سازکردنی کۆڕ و سیمینار و بڵاوکردنەوەی کتێب.

**پاشکۆی ژمارە ٢**

**دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی (٢٠٠٤)**

١-فەرید ئەسەسەرد.
٢-دکتۆر یوسف گۆران.
٣-دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی.
٤-دکتۆر ئومێد حەمە ئەمین.
٥-دکتۆر نەبەز مەجید ئەمین.
٦-سەردار عەبدولکەریم مەحمود.
٧-نزار ئەنوەر دەروێش.
٨-جەمال حسێن رەحیم.
٩-دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر.
١٠-تەحسین نامیق عەبدوڵڵا.
١١-دکتۆر شاهۆ سەعید فەتحوڵڵا.
١٢-رەفعەت محەمەد یاسین.
١٣-فەیسەل عەلی خورشید.
١٤-بەختیار محەمەد شەریف.
١٥-توانا ئەحمەد عەبدوڵڵا.

## سەنگاو (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگانەیە لە ناو شاری سەنگاو لە ٦ی ئایاری ١٩٧٩. لەو چالاکییەدا پێشمەرگەیەکی کەرتی گەرمیانی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ، نارنجۆکێکی دەستیی خستە ناو بارەگای حزبی بەعس لە سەنگاو، لە ئەنجامدا لێپرساوی رێکخراوی حزبی بەعس و ٣ کارمەندی بارەگاکە کوژران.

## سەنگاو (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی سەنگاو لە ساڵی ١٩٨٦. لە ٩ی مانگی ئازار مەڵبەندی یەك دەستی بە جێبەجێکردنی پلانی گرتنی شارۆچکەی سەنگاو کرد کە پێشتر ئامادەکاریی پێویستی بۆ کرابوو. هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر شوێنە دیاریکراوەکان و لە ماوەیەکی پێوانەییدا دەستیان بەسەر رەبیەکان و بارەگای رێکخراوی حزبی بەعس و بارەگای دەزگای ئەمن و بینای بەڕێوەبەرێتیی ناحیەو مۆڵگەی جاشەکاندا گرت و شارۆچکەکەیان لە هێزەکانی سەر بە حکومەتی عیراق پاك کردەوە.

لە ئاکامی ئەم ئۆپەراسیۆنەدا هێزەکانی حکومەت ٣٥ کوژراویان لێ کەوت و ٢٥ کەسیشیان لێ بەدیل گیرا، لەوانە بەڕێوەبەری ناحیەکە فەرید عەزیز بەگ و لە ئاکامی شەڕی ناو شارۆچکەکەدا ٤ ئۆتۆمبێلی

حکومی سوتێنران و ٣ جبەخانەی گەورەی چەکیش تەقینەوە.

دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە بەمجۆرە بوو: ٤٣ کلاشنکۆف، ٢ برنەو، ٤ دەمانچە، یەك ئار بی کەی، یەك ئار بی جی و یەك ئۆتۆمبێلی سوپەر.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا هێزی پێشمەرگە ٦ پێشمەرگەی بە ناوی مشیر ئەحمەد، مەحمود محەمەد ئەمین، باقی عەزیز فەرەج، فایەق ئەمین، یەحیا حەسەن و رەحیم کەریم لێ شەهید بوو.

هێشتا هێزی پێشمەرگە لە ناو سەنگاودا بوو کاتێك هێزەکانی عیراق کەوتنە تۆپباران کردنی سەنگاو و گوندەکانی دەوروبەری. ئەو تیپانەی لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەشدار بوون بریتین لە تیپەکانی ٥١ی گەرمیان و ٥٣ی شێروانەو ٥٧ی سەگرمەو ١٥ی شارەزوور ١٧ی زمناکۆو تیپی مەڵبەندی یەك.

سەنگاو: شارۆچکەیەکە ٨٢ کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەڵاتی کەرکوکەوە دوورە، لە باکووردا بە رێگایەك بە چەمچەماڵەوە بەستراوەتەوە، لە باشووردا بە باوەنوورو کەلارو کفرییەوە، لە رۆژهەڵاتدا بە قەرەداغەوەو لە رۆژئاوادا بە قادر کەرەمەوە. ئەم شارۆچکەیە لە رێی چەمچەماڵەوە بە سلێمانی و کەرکوکەوە بەستراوەتەوە هەروەها لە قەرەداغیشەوە پەیوەندی بە سلێمانییەوە دەکات.

## سەنگاو (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی سەنگاو بۆ جاری دووەم لە یەك ساڵدا. پاش نزیکەی ٩ مانگ لە گرتنی شارۆچکەی سەنگاو بۆ جاری یەکەم، لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ بۆ دووەم جار لە لایەن تیپەکانی مەڵبەندی یەکەوە لە ماوەیەکی پێوانەییدا دیسان دەستی بەسەردا گیرایەوە.

بەپێی پلانەکە، سەرەتا دەست بەسەر هەموو رەبیەکانی دەوروبەریدا گیرا و پێش نیوەڕۆ هێرشی پێشمەرگە بۆ ناو شارۆچکە دەستی پێکرد. ئەو ماوەیەی کە تێیدا پێشمەرگە بەگرتنی رەبیەکانەوە خەریك بوو، دەرفەتی بە ژمارەیەکی زۆری جاشەکانی ناو شارۆچکەکەو لێپرساوە بەعسی و حکومییەکان دا لە شار بچنە دەرێ و هانا بۆ سەربازگەی دەرەوەی شارۆچکەکە ببەن.

سەرەڕای هەوڵی هێزی پێشمەرگە، نەتوانرا دەست بەسەر سەربازگەکەدا بگیرێ. پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە هەموو ئامانجەکانی لە ناو شارۆچکەکە بەدەستهێنا، شارەکەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ شوێنەکانی خۆی.

ئەم ئۆپەراسیۆنە بە ڕابەرایەتیی شەوکەت حاجی موشیرو بەهاوکاریی مەحمود سەنگاوی و عادل شوکرو حەمە رەش، جێبەجێ کرا. هێزی پێشمەرگە لەم ئۆپەراسیۆنەدا دوو شەهیدی بە ناوی هەمزە رەش فەرماندەی مەفرەزەو بەکر باجەلان لە هێزی پشتگیری هەبووە.

## سەنگاو- چەمچەماڵ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)


چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لەسەر رێگای سەنگاو- چەمچەماڵ لەئێوارەی رۆژی ٣٠ی ئابی ١٩٨٥ کە تێیدا کۆمەڵێك جاش کوژران. هێزێکی هاوبەشی هەردوو تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونو ٥٧ی سەگرمە بۆسەی لەسەر رێگای سەنگاو- چەمچەماڵ بۆ ئەو جاشانە دانا کەرۆژانە لەسەر رێگاکە بۆسەیان بۆ پێشمەرگە دادەنا.

جاشەکان کەوتنە بۆسەکەوەو درانە بەر گوللەو دەستبەجێ ١١ کەسیان لێ کوژرا. ئەوانی تر سەریان

لێ شێوا و بۆ خۆرزگارکردن بەرەو رەبیەکانی دەوروبەر رایانکرد، لەم سەروبەندەدا بەشێکیان ئەو مینانەیان پێدا تەقییەوە کە سەربازەکان لە دەوروبەری رەبیەکان چاندبویان.

لاشەی هەشت جاش کەوتە بەر دەستی پێشمەرگە لەوانە لاشەی فەرماندەی جاشەکان رەشید مەجید هاوار، جاشێکیش بە دیل گیرا. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٨ پارچە چەك و هەندێ تەقەمەنیدا گرت.

## سەنگەر (گۆڤار)




گۆڤارێکە مەڵبەندی ٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی سەرگەڵووی دۆڵی جافەتی دەری کردووە. تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش لە تەموزی ١٩٨٣.

گۆڤارەکە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە. بەڵام ئەحمەد عارف، بەرپرسی راگەیاندنی مەڵبەند، رۆڵی سەرنوسەری تێدا گێڕاوەو زۆربەی ئەوانەش کە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە کادیری مەڵبەندی ٢ بون لەوانە ئەحمەد عەبدوڵڵا و خالید مەحمود.

ناوی گۆڤارەکە زۆرتر بۆ گۆڤارێکی عەسکەری دەشێ، بەڵام گۆڤارەکە لە ناوەڕۆکدا گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە، بە رەچاوکردنی ئەوەی کە بابەتی عەسکەری و کاروباری پێشمەرگانە، بەپێی پێداویستییەکانی ئەو رۆژگارە، نزیکەی نیوەی بابەتەکانی پێکدێنێ. گۆڤارەکە هیچ پێناسەیەکی بۆ خۆی دیاری نەکردووە، لە سەروتاری ژمارەکەش کە سەرنوسەر نوسیویەتی، هیچ ئاماژەیەك بە پێناسەی گۆڤارەکە نەکراوەو تەنها ئەو ئەرکە گشتییەی بۆ دیاری کراوە کە هەوڵ دەدا «بەشی خۆی خزمەت بە رێبازی تێکۆشان و هەوڵی نەپچڕاوەی دڵسۆزان بکات»و لەم سەروبەندەدا «ببێتە مایەی دڵ و دەرون رۆشنکەرەوەی خوێنەرو سەرنجی تێکڕای دڵسۆزان و بە تەنگەوە هاتووان بە لای خۆیدا رابکێشێ». بەڵام بە خوێندنەوەی بابەتەکانی، دەردەکەوێ کە گۆڤارەکە زۆر لە خەمی ئەوە بوو، کە رۆشنبیریی شۆڕشگێڕانە بڵاو بکاتەوەو پەرە بە گیانی خۆڕاگری بدا.

گۆڤارەکە لە چاپخانەی برایم عەزۆ کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لە گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی بوو، چاپ کراوە.

گۆڤارەکە ١٣ بابەتی تێدا بڵاوکراوەتەوە کە هەندێکی پەیوەستن بە ژیان و بارودۆخ و کاروباری پێشمەرگایەتییەوە و هەندێکی تری دەچنە خانەی رۆشنبیریی گشتی و بانگەشەی ئایدیۆلۆژییەوە. لە وتارێکدا بە ناونیشانی «بەرەو لەشکری رزگاریی گەل» بانگەشە بۆ ئەوە کراوە کە «شۆڕشی رزگاریخوازی نیشتمانیمان بە هاتنە کایەی لەشکری رزگاری، بایەخێکی مێژویی گەلێ مەزن و وەرچەرخانێکی

گرنگ بە خۆیەوە دەبینێ». هەروەها لە وتارێکدا بە ناونیشانی «فاشیزم و مومارەساتی فاشیستی» نوسەر لەو تیۆرییەوە دەستی پێ کردووە کە فاشیزم «دیاردەیەکی قوڵی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە». لەو لاشەوە، سەرنوسەر وتارێکی ژمارە ١٧٠ی گۆڤاری «هەدەف»ی ئۆرگانی بەرەی رزگاریی گەلی فەلەستینی دەربارەی «سیما بنچینەییەکانی حزبی پرۆلیتاریا» لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەو ژمارەیە بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام ناوی نوسەری وتارەکەی نەهێناوە. ژمارەکە بابەتێکی دیکەی وەرگێڕدراوی تێدا بڵاو کراوەتەوە کە باس لە مێژوی پەیدابونی چەکی کلاشنکۆف دەکات، بەڵام ئاماژە بە ناوی نوسەر و سەرچاوەی وتارەکە نەکراوە.

پەیوەند بە بارودۆخی کوردستانیش، ژمارەکە دوو بابەتی لە خۆ گرتووە. یەکێکیان دەربارەی شەهیدانی گوندی عەسکەرە، ئەوی تر بۆ باس کردنی رەفتاری دڕندانەی رژێمی عیراق تەرخان کراوە. لە گۆشەی «کاروانی نەمران»یش ژیاننامەو خەباتی دوو شەهید بە ناوی جەمال ساڵح میرزا و فەتحوڵڵا محەمەد ئەسعەد ناسراو بە رێبوار نمایش کراوە. لە بواری رۆشنبیریی گشتیشدا شرۆڤەیەکی چڕ بۆ هەردوو زاراوەی «پلان» و «تاکتیك» کراوە.

لە ناو بابەتەکاندا دوو بابەت بۆ ناساندنی کارو چالاکییەکانی مەڵبەندی ٢ تەرخان کراون. یەکێکیان گشتییە و باسی رۆڵی مەڵبەند لە پێشخستنی شۆڕشدا دەکاو ئەوی تر تایبەتەو باسی چالاکییە عەسکەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی سەر بە مەڵبەندی ٢ دەکات کە تێیدا ژمارە کراوەتە بەڵگە. بەپێی ئامارێکی ورد دەرکەوتووە کە لە ماوەی شەش مانگی رابردودا هێزی پێشمەرگەی مەڵبەند ١٤٣ پارچە چەکی لە دوژمن گرتووەو زیانی ٢٢٢ کوژراو و ٧٥ بریندارو ٣٥ دیلی لە هێزەکانی دوژمن داوە. هەروەها ئامارەکە دەری خستووە کە لەو ماوەیەدا ١٥ کەس لە هێزە چەکدارەکانی عیراق ریزەکانیان بەجێ هێشتووەو پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە. لە هەمان ئاماردا ناوی ئەو پێشمەرگانە بڵاوکراوەتەوە کە لەو ماوەیەدا شەهید بون کە ژمارەیان ٢٦ پێشمەرگەیەو سەر بە تیپەکانی ٢١ی کەرکوك، ٥٧ی سەگرمە، ٦٣ی جوتیاران، ٤٧ی پیرەمەگرون و تیپی مەڵبەند بون.

جگە لەم بابەتانە، ژمارەکە هۆنراوەیەکی شۆڕشگێڕانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەك چیرۆکێکی کورتیشی بە ناونیشانی «ناچار» تێدا بڵاوکراوەتەوە کە ئەکتەرو فلیمسازی کوردی باکور یلماز گۆنای نوسیویەتی و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

## پاشکۆ

## سەروتاری گۆڤاری «سەنگەر»

وا لە گۆشەیەکی تری ئەم کوردستانەوە، لە ناو جەرگەی خەباتی چەکداری و سیاسیی گەلی قارەمانی کوردەوە، گۆڤارەکەمان گۆڤاری «سەنگەر» کەوتە نیگاکردن لەگەڵ پێشمەرگەو جەماوەری تێکۆشەری گەلەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانێ بەشی خۆی خزمەت بە رێبازی تێکۆشان و هەوڵی نەپچڕاوەی دڵسۆزان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ببێتە مایەی دڵ و دەرون رۆشنکەرەوەی خوێنەرو سەرنجی تێکڕای دڵسۆزان و بەتەنگەوەهاتووان بە لای خۆیدا رابکێشێ تا بێبەشی نەکەن لە بەرهەم و هەوڵ و تەقەلایان. بەڵێ سەنگەری نۆبەرە ساوایەو کۆرپەی نازی هەموانەو پێویستە پەروەردەی بکەین و دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکەین.

ئەم نۆبەرەیە لە ئێوەیەو بۆ ئێوەیە. چاوەڕوانی زۆر


شتی ئێوەیە، تەنانەت چاوەڕوانی نەشتەری کولی ڕەخنەی ڕوخێنەریش دەکات. دە با وێکڕا هەوڵی ئەوە بدەین کە وا کەمتر بوار بۆ ئەو کەسانە بهێڵینەوە کە دەیانەوێ توانج و پەلامارمان تێ بگرن لەبری ئەوەی بە خامەی ڕەنگینەوە لێمان وەپێش بێن و بەرهەمە بەپێزەکانیانمان پێ بگەیەنن.

سەنگەر کازیوەی مەڵبەندی دووی تێکۆشەرەو کۆرپەی هەستی دڵسۆزانەو پێویستی بە ڕاپەڕاندن هەیە.

سەنگەر زادەی هەوڵ و تەقەلاو کۆششێکی زۆری دڵسۆزانەی هەموو لایەکە.

سەنگەر پەیامی شەهیدانی هێژاو پێشمەرگە نەبەزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بۆ گەیشتن بە دوا لوتکەی ئاسۆی سەرکەوتن.

## سەنگەر (گۆڤار)




گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە، مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە مانگانە دەری کردووە. زانیاریی گشتیی دەربارەی مەسەلە سیاسییەکان و مێژووی کوردایەتی و خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بواری پێشمەرگانە بڵاوکردۆتەوە.

سەرپەرشتیاری گشتیی گۆڤارەکە مستەفا چاوڕەش و سەرنوسەرەکەی سەلاح رەنجدەرە. ژمارەی ١ی لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١١ دەرچووەو لە سلێمانی چاپ کراوە.

بەشداربووانی ژمارە ١: نەوزاد ساڵح، ئەحمەد حەمە ساڵح، شێرزاد ڕەنجەڕۆ، سەلاح ڕەنجدەر، محەمەد فاتیح و محەمەد مەجید عەسکەری.

## سەنگەسەر (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی و پۆلیسەکانی بنکەی پۆلیسی سەنگەسەر لە ناو شارۆچکەی سەنگەسەر لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨. لە ئاکامدا ٨ سەرباز کوژران و ٦ سەربازی دیکەش بریندار بوون. ١ ناقیلەش تێك شکێنرا.

## سەنگەسەر (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگەکانی تیپی ٥٦ی گەلاڵەیە لە ناو شارۆچکەی سەنگەسەر. لە ٩ی ئەیلولی ١٩٨٦ هێزێکی تیپی ٥٦ی گەلاڵە چووە ناو شارۆچکەی سەنگەسەرو هێرشی کردە سەر بارەگای ڕێکخراوی حزبی بەعس، لە ئاکامدا چەند سەربازێك بریندار بون.

## سەوت ئەلئیتتیحاد (ڕۆژنامە)



# صوت الاتحاد

نشرة دورية يصدرها الاتحاد الوطني الكردستاني ــ فرع اوروبا

العدد ــ ٢ تشرين الاول ــ ١٩٧٦

حول مطلب شعبنا في الحكم الذاتي

ان مطلب شعبنا في الحكم الذاتي هو في الحقيقة اقل بكثير مما يخوله اياه مبدأ حق تقرير المصير وبالاخص في هذا العصر الذي تنهار فيه الانظمة الاستعمارية وتظفر فيه الشعوب بكامل حقها في الاستقلال والسيادة الوطنية . وقد حاول شعبنا في البداية بجد واخلاص تحقيق هذا المطلب العادل والبسيط بالاساليب السلمية وعدم اللجوء الى السلاح ، غير ان موقف حكام العراق تجاه هذا المطلب وطريقة معالجتهم للمسألة الكردية خلقت جوا من التوتر زاد في تعقيد المسألة وادت في النهاية الى اجبار شعبنا على حمل السلاح دفاعا عن وجوده وكرامته . وخلال سنوات قليلة تحولت حركته الدفاعية هذه الى ثورة عارمة شملت معظم انحاء كردستان العراق بعد ان تعرض شعبنا الى عدوان الحكومة وهجوم قواتها القادر عليه بالشكل الذي يعرفه الجميع . وقد استمرت هذه الحالة اربعة عشر عاما تخللتها فترات هدنة وايقاف قتال بغية ايجاد حل سلمي للمسألة غير ان جميع المساعي التي بذلت بهذا الصدد قد فشلت بسبب تعنت الحكومات العراقية المتعاقبة ومحاولتها الدوران حول القضية دون معالجة اساسها واهمال جوهر المسألة ودافعها الاساس وهو مطالبة الشعب الكردي بحقوقه القومية وبسبب عدم جدية واخلاص القيادة العشائرية والبرجوازية اليمينية ، التي ساعدتها الظروف في السيطرة على الحركة الكردية ، في التوصل الى حل عادل يمكّن الشعب الكردي من ممارسة حقوقه القومية ضمن اطار الجمهورية العراقية .

وبعد ان انهارت القيادة العشائرية ــ البرجوازية اليمينية وهربت الى ايران تنفيذا لاوامر الشاه واسياده الامريكان ظنت السلطة الشوفينية الدموية بأن القضية الكردية في العراق انتهت مرة والى الابد وشرعت بتصعيد الخناق على الشعب الكردي اكثر من ذي قبل حتى انها بدأت عمليا بتجميد قانونها الممسوخ الذي اسمته قدرا بقانون الحكم

بڵاوکراوەیەکی خولەکییە لقی ئەورووپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی عەرەبی دەری کردووە. قەوارەی فولسکابە. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٦ـ١٩٨٣ لەئەوروپا دەرچووەو لەو ماوەیەدا لە دوتوێی سێ خولدا ٨ ژمارەی لێ دەرچووە. لە خولی یەکەمدا لە ساڵی ١٩٧٦دا دوو ژمارەی لێ دەرچووە، یەکێکیان لە حوزەیرانداو ئەوی تر لە تشرینی یەکەمدا. بابەتەکانی هەردوو ژمارە لە ژێر کاریگەریی هەرەس هێنانی شۆڕشدان لە ساڵی ١٩٧٥و گوتارێکی چەپی رادیکال بەسەریاندا زاڵە. لە خولی دووەمدا لە ساڵی ١٩٧٩ ژمارە ٣و ٤ی لێ دەرچووە، یەکێکیان لە ئازاردا و ئەوی دیکە لە تشرینی یەکەمدا. روخانی رژێمی شای ئێران و هاتنە سەر کاری رژێمێکی تر لە ئێران، رەنگدانەوەی زۆری لەسەر بابەتەکانی هەردوو ژمارە هەیە. لە ژمارە ٤دا لەدوتوێی ٨ لاپەڕەدا چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە ماوەی نێوان تەموزی ١٩٧٨و کانونی یەکەمی ١٩٧٨ بە چڕی روماڵ کراون. سەرچاوەی ئەو چالاکییانە رۆژنامەی هەواڵنامەی کوردستانی عیراقە کە لە ناو وڵات دەرچووە. خولی سێیەمی رۆژنامەکە لە ئازاری ١٩٨٢ دەست پێ دەکاو تێیدا چوار ژمارە دەرچووە. بەڵام بەهۆی هەڵەیەکەوە، ئەم خولە وەك درێژەپێدانی خولی یەکەم ئەژمار کراوە نەك وەك درێژە پێدانی خولی دووەمو لەم سۆنگەیەوە باز بەسەر ژمارە ٣و٤ی خولی دووەمدا دراوەو خولی سێیەم لەبری ئەوەی لە ژمارە ٥ دەست پێ بکا، لە ژمارە ٣ دەستی پێ کردووە. لە سەروتاری یەکەم ژمارەی خولی سێیەمدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە رۆژنامەکە پاش وەستانێك بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ، تێهەڵدەچێتەوەو بەردەوام دەبێ بەڵام سەروتارەکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ هۆکانی وەستانی رۆژنامەکە نەکردووە.

چوار ژمارەکەی خولی سێیەم کەوتونەتە ساڵانی ١٩٨٢و١٩٨٣. لە ساڵی ١٩٨٢دا سێ ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش لە ئازارو تەموزو تشرینی یەکەمو لە ساڵی ١٩٨٣دا تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش لە کانونی دووەمدا.

بەم پێیە، یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە حوزەیرانی ١٩٧٦ دەرچووەو ژمارە ٨ کە دوایین ژمارەیە لە کانونی دووەمی ١٩٨٣دا دەرچووە. لە ژمارە ٨دا رۆژنامەکە ریکلامی بۆ ئەوە کردووە کە ژمارەی داهاتووی بە زمانی کوردیو بە ناونیشانی «دەنگی یەکێتی» دەبێ، بەڵام دواتر هیچ رۆژنامەیەك بەم ناوە دەرنەچووە.

ژمارەی لاپەڕەکانی رۆژنامەکە جێگیر نییە. هەردوو ژمارەی خولی یەکەم لە دوتوێی ٤ لاپەڕەدا دەرچوون، لە کاتێکدا هەردوو ژمارەی خولی دووەم لە دوتوێی ١٢ لاپەڕە دان. ژمارەکانی لاپەڕەکانی

خولی سێیەمیش جیاوازە. ژمارەی لاپەڕەکانی ژمارەی پێنجەمو شەشەم و حەوتەم و هەشتەم یەك لە دوای یەك بریتین لە ٨و١٢و١٠و ١٢ لاپەڕە.

ڕۆژنامەکە ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانەی نیشتمانیی هەبوە و هەوڵی داوە ببێ بە پردێك لە نێوان کوردەکانی تاراوگەو ناو وڵات، بۆیە زۆر بایەخی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ناو وڵاتو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە داوەو پەراوێزێکیشی بۆ بەسەرکردنەوەی میدیا ئەوروپاییەکان کە وتاریان لەسەر مەسەلەی کوردو کاروباری عیراق بڵاوکردۆتەوە، دەستەبەر کردووە، هەروەها زۆر بە تەنگ ئەوەوە بووە کە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوروپا بڵاو بکاتەوە، بەتایبەتی بەشداربونی یەکێتی لە کۆنگرەکانی حزبە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا. هەندێ جاریش چەند بابەتێکی لەسەر مەسەلە ئایدیۆلۆژیو فیکرییەکان بڵاوکردۆتەوەو دەنگوباسی ڕوداوەکانی پارچەکانی تری کوردستانی ڕوماڵ کردووە.

ڕۆژنامەکە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیەو بابەتەکان بەبێ ناوی نوسەر بڵاوکراونەتەوە، تەنانەت لەم ڕووەوە ناوی خوازراویش بەکار نەهاتووە.

## سەوت ئەلئیسبوع (بڵاوکراوە)

بڵاوکراوەیەکە مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەفتانە بە زمانی عەرەبی دەری کردووەو زۆرتر وەك هەواڵنامە خۆی نواندووە. لەم بڵاوکراوەیەدا زۆرتر ئەو هەواڵانە بڵاوکراونەتەوە کە پەیوەندییان بەکوردو عیراق و ناوچەکەوە هەیە. سەرچاوەی هەواڵەکان ئێزگە عەرەبییەکانی بی بی سی، مۆنت کارلۆ، سەوت ئەلجەماهیری بەغدا،


الاتحاد الوطني الكردستاني
مكتب الأعلام
قسم الانصات

صوت الأسبوع

نشرة
أخبارية
اسبوعية

العدد ١٠ ١٥ ـ ٢١ كانون الثاني ١٩٨٢

العلاقات الثنائية

استقبل رئيس النظام العراقي صدام حسين وزير الدولة الكويتي لشؤون مجلس الوزراء عبدالعزيز حسين الذي وصل بغداد في بداية هذا الاسبوع وتسلم منه رسالة من امير الكويت جابر الأحمد الصباح تتعلق بـ « العلاقات الثنائية » بين نظاميهما و (( القضايا ذات الاهتمام المشترك )) و .. الحرب العراقية الايرانية . من جهة اخرى ، وفي اطار تنسيق وتوحيد سياسات ومواقف الانظمة الرجعية العربية اعترف النظام العراقي وانظمة كل من الاردن والسعودية والكويت والصومال وصادقت على قرار مجلس جامعة الدول العربية في تونس بتمديد فترة عمل قوات الردع العربية في لبنان التي ستنتهي في ٢٥ من الشهر الجاري لمدة ٦ أشهر اخرى .

علوم صحيفة العراق

انواط واوسمة !

ضمن الحملات الدعائية والاعلامية التي تنظمها اجهزة النظام الدكتاتوري العراقي للقادسية المنكوبة منح صدام ما يسمى بـ (( نوط الشجاعة )) لمجموعة من طياريه وعدد آخر من ضباطه . كما منح (( وسام الرافدين من الدرجة الثانية من النوع المدني )) لكل من محافظ محافظة القادسية عبدالحسن الحاج راهي فرعون ، ومسؤول فرع الحزب الحاكم في المحافظة كريم حسن رضا . كما منح الوسام المذكور للمجرم سمير عبدالوهاب الشيخلي امين العاصمة ومسؤول فرع الحزب الحاكم في مدينة الثورة . ومما يجدر ذكره ان النظام الدكتاتوري قد ...

اجتماعات

■ خلال اجتماعه بالقادة الفيتناميين في العاصمة هانوي ، دعا

ئیسرائیل و دەنگی ئەمریکایە.

ستافێکی تایبەت شەوانە هەواڵی ئێزگە دیاریکراوەکانی تۆمار دەکردو فایز یونس کە سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکە بوو، بڕیاری لەسەر هەڵبژاردەی هەواڵەکان دەدا.

پاشان هەواڵە هەڵبژێردراوەکان بە تایپی دەستی تایپ دەکران و بڵاوکراوەکە لە بەشی تەکنیکیدا دیزاین دەکرا و دواتر بەفۆتۆستێنسل دەخرایە سەر ستێنسلو بە ڕۆنیۆ ژمارەی پێویستی لێ ڕادەکێشرا. هەواڵەکان وەکو خۆیان بەبێ هیچ دەستکارییەك بڵاو دەکرانەوە. دەستەی سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکەو مەکتەبی ڕاگەیاندن بەرپرس نەبون لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان. بڵاوکراوەکە جگە لەهەواڵ، بەپێی پێویست وتاری سیاسیو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیو دەقی لێدوانی فەرمی و بۆچونە پەخشکراوەکانی ئێزگەکانیشی بڵاو کردۆتەوە.

ژمارەی لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکە جێگیر نیە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کەوتۆتە نێوان ٤ و ٨ لاپەڕە. زۆرو کەمیی ژمارەی لاپەڕەکان پەیوەندیی بە زۆرو کەمیی


هەواڵە بڵاوکراوەکانەوە هەیە. لە تیراژیش کەمی لێ چاپ کراوەو زۆربەی جار تیراژەکە لە سەد دانە تێنەپەڕیوە. هۆی کەمیی تیراژی بڵاوکراوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بڵاوکراوەکە لە بنەڕەتدا تەنها بەسەر بەرپرسانو دەزگاکانی ناوچەی سەرکردایەتیدا دابەش دەکرا و بۆ هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکان نەدەنێردرا.

ژمارە بەراییەکانی بڵاوکراوەکە سەروتاریان هەیە کە نوسەرەکەی فایز یونسە بەڵام دواتر وا بە باش زانرا کە بڵاوکراوەکە بەبێ سەروتار بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی بێلایەنیی خۆی بپارێزێ.

یەکەم ژمارەی لە١٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٢ دەرچووە. کەمتر لە پەنجا ژمارە لەم بڵاوکراوەیە دەرچووە کە هەر هەموی لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە گوندی توژەڵە لە ساڵی ١٩٨٢ چاپ کراون. قەبارەی فولسکاب بوو. چەند کادرێکی تەکنیکی وەك تایپیست و دیزاینەرو ڕۆنیۆکار کاریان تێدا کردووە لەوانە بەختیار محەمەد شەریف، ئەمین مستەفا، خالید فەیلی، شەهاب ئەحمەد داوود ڕەشید، کاروان خالید.

ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکراوەکە لە سەروبەندی گواستنەوەی بارەگای مەکتەبی ڕاگەیاندن بە چاپخانەو ئێزگەوە بۆ باوزێ، ڕاگیراو ژمارەی تری لێ دەرنەچوو.

## سەید کاکە



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان. ناوی تەواوی سەید کاکە سەید ئیسماعیل سەید عومەر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٢ی گوندی مۆرتکەی گەورەی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر. لە بنەماڵەیەکی جوتیاری هەژارە. لە منداڵیدا فێری خوێندنو نوسین نەبوەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ زەویدارەکانی ناوچەکەدا هەمیشە گرژ بووە.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانەکەی لە لادێ جێگیر نەبوو. بە هۆی ئەمەوە، باوکی ماڵی گواستەوەو ماوەیەك لەگوندی سێقوچان نیشتەجێ بوو. دواتر، پاش چارەسەرکردنی کێشەکە، گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی. بەڵام زۆری نەبرد، دیسان ماڵی گواستەوەو لەگوندی سۆربەش گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٤٨ باوکی لە ماڵ دەری کرد و بە هۆی ئەمەوە سەرگەردان بوو. سەرەتا چوو بۆ هەولێرو لەوێوە روی کردە قەزای شێخانی سەر بە پارێزگای موسڵ. لەوێ عەرەبەکانی گوندێکی ناوچەکە رایانگرتو وەك کرێکار بەکاریان هێنا. بەڵام بە هۆی هەندێ کێشەوە، نەیتوانی لەوێ بمێنێتەوەو لە ئاکامدا گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی.

لەو ماوەیەدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا گروپی چەکداری دروست کرد و کەوتە تەنگ هەڵچنین بە زەویدارەکان و تۆقاندنیان. لە سۆنگەی ئەم کردەوانەوە، زۆربەی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٨ی لە بەندیخانە بەسەر بردو هەر لەو ماوەیەشدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٦١ بەشداریی لە یاخیبونی خێڵەکان لە دژی حکومەتی جەنرال عەبدولکەریم قاسم کردو لەگەڵ گروپە چەکدارەکاندا بەشدار بوو لە بڕینی ڕێگای هەولێر- کەرکوك. ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ساڵی ١٩٦٤دا لە دەشتی هەولێر کرایە سەرپەل و لە ساڵی ١٩٦٦کرایە سەرلق و بۆ ساڵی دواتر بووە فەرماندەی بەتالیۆنی یەك. لە ساڵانی ئاشتیی نێوان ١٩٧٠-١٩٧٤ بە هۆی ئەوەی

که نەخوێندەوار بوو، نەکرایە ئەفسەر لە هێزەکانی پاسەوانانی سنور کە پاش بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ دەست بەپێکهێنانیان کرا.

پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراق لە ساڵی ١٩٧٤، بەتالیۆنەکەی لە چیای سەفین دامەزرا و هەندێ ئەرکی تری لە ناوچەکانی تر پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٧٥ دوای ئەوەی کە عیراق و ئێران رێککەوتننامەی جەزایریان ئیمزا کرد، چوە سەر ئەو باوەڕەی کە کار لەکار ترازاوەو هیچ دەرفەتێك بۆ بەردەوامبون لەسەر شۆڕش نەماوە، بۆیە لەو ماوەیەدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری لێپرسراوانی شۆڕشو هاووڵاتییاندا ئاوارەی ئێران بوو. ماوەیەك لە نەغەدە مایەوەو هەر ئەو ساڵە پاش ئەوەی کە رژێمی شا بڵاوەی بەئاوارەکان کرد، بۆ شارۆچکەی ماهان لە پارێزگای کرمانی باشوری رۆژهەڵاتی ئێران گوێزرایەوە. بەڵام لەوێ زۆر نەمایەوەو بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ عیراق. لە دەروازەی قەسری شیرین هەر کە خۆی رادەستی عیراقییەکان کرد، یەکسەر گوێزرایەوە بۆ شاری رومادیو لەوێ بە خزمەتگوزار دامەزرا.

لەو ماوەیەی لەوێ بوو، پەیوەندیی لەگەڵ هەندێ لەو سەرکردانە دامەزراند کە بە دزییەوە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان دامەزراندبوو. لەم سەروبەندەدا پشتگیریی پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد. لە١٤ی ئابی ١٩٧٦دا لەگەڵ خالید سەعید و عومەر مستەفاو سەعدی عەزیز و یاسین قادر و جەعفەر ئەسوەدو جەوهەر سەعید گەیشتە گوندی ئیندزێ لە چیای قەندیلو پێکەوە کەوتنە ئامادەکردن و رێکخستنی دەستەی چەکدار.

ساڵی ١٩٧٧، پاش گەڕانەوەی تالەبانی بۆ رابەرایەتی کردنی شۆڕش و دامەزراندنی هەرێمەکان، کرایە فەرماندەی هەرێمی سەفین لەسەر لیستی بزوتنەوەی سۆسیالیست.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هێزێکی گەورەی یەکێتی بەرەو سنوری عیراق- تورکیا بەڕێ کەوت بە مەبەستی دانانی بنکەی سەرکردایەتی لە سێگۆشەی سنوری عیراق- تورکیا- ئێران و وەرگرتنی بڕێکی گەورەی چەك کە لە بەرنامەدا بوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. ئەو هێزەی ئەو ئەرکانەی پی سپێردرابوو، لە ناوچەی هەکاری لە تورکیا توشی چەرمەسەرییەکی زۆر هات و لە لایەن چەکدارەکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و خێڵەکانی هەکارییەوە هێرشی کرایە سەر. لەم سەروبەندەدا سەید کاکە خۆی رادەستی خێڵەکان کردو ئەوان بە دیلی رادەستی بارەگایەکی سەرکردایەتیی کاتیی پارتییان کرد کە لێپرساوەکەی سامی عەبدولرەحمان بوو. ئەگەرچی لەوێ بەڵێنی پێ درا کە پاش دە رۆژی تر ئازاد دەکرێ، بەڵام ئەم بەڵێنە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ نەهاتە دی. بۆیە ماوەکەی بە دەستبەسەری لەوێ بەسەر بردو پاش ئەوەی کە هیچ ئومێدێکی بە ئازادکردنی نەما، لە دەرفەتێکی گونجاودا خۆیو قادر ئاغای میراودەلی بە دوقۆڵی رایانکرد، خۆیان بە ناوچەی سیدەکاندا کرد، لەوێوە چونە ناو خاکی ئێران و بە چەند رۆژێك گەیشتنە چیای قەندیل کە لەو کاتەدا بارەگای سکرتێری گشتیو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی لێ بوو.

دوای دەربازبونی لە دەستبەسەری، کرایە فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر. ساڵی دواتر، لە پرۆسەی جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پشتگیریی جیابونەوەکەی کرد، بەتایبەتی کە ئەو


هەر لە سەرەتاوە حەزی نەدەکرد بزوتنەوە بەشێکی یەکێتیی نیشتمانی بێ. پاش جیابونەوەی بزوتنەوە، لە ساڵی ١٩٨١دا بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا کرد. نەخوێندەواریی نەبووە هۆی ئەوەی کە لەو کۆنگرەیە بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵنەبژێردرێ. دوای کۆنگرە، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە هەڵسوکەوت و جموجوڵی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی، کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندیی نێوان یەکێتی و حزبی سۆسیالیستدا بەجێ هێشت و ئاستی گرژییەکانی نێوانیانی بەرەو هەڵکشان برد. ساڵی ١٩٨٣ کرایە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەریی حزبی سۆسیالیست و بارەگایەکی حزبی سۆسیالیستی لەگوندی ئاشقولکە، لە پاڵ بارەگاکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پاسۆك، دانا.

لە شەڕەکانی نیسانی ساڵی ١٩٨٣ی نێوان یەکێتیی نیشتمانیو بەرەی جود، هێزەکانی یەکێتی لەهێرشەکانیان بۆ سەر بنکەکانی پشت ئاشان و قرناقاو ئاشقولکەی بەرەی جوددا، لە یەکەم هێرشدا دەستیان بەسەر بارەگاکانی ئاشقولکەی حزبی سۆسیالیستدا گرت. ئەم پێشڕەوییەی هێزەکانی یەکێتی، ڕێی بۆ ئەوە خۆش کرد کە دەست بەسەر بنکەکانی پارتی کۆمۆنیستو پاسۆکدا بگرن. لە ئاکامی شکانی هێزەکانی بەرەی جوددا، سەید کاکە بە پەلەپروزێ کشایەوەو لە ڕێی قەندیلەوە چوو بۆ ئێرانو لەوێ لەگەڵ لایەنەکانی تری جوددا کەوتە هەماهەنگیو ڕێکخستنەوەی هێزەکانیان لە دژی یەکێتی. هاوینی هەمان ساڵ بەشدار بوو لەهێرشەکانی بەرەی جود بۆ سەر قەندیلو پاش شکانی هێرشەکە، وەك لێپرسراوی لق بۆ بارزان گوێزرایەوە.

هاوینی ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی تێوەگلانی لەکێشە ناوخۆییەکانی حزبی سۆسیالیست، لێپرسراوەتیی لقی لێ سەنرایەوەو مۆڵەتێکی کراوەی پێ درا. ئەویش گەڕایەوە ماڵی خۆیو ئەم ماوەیەی لەگوندی بەندێ لە نزیك شاری ورمێی ئێران بەسەر برد. دواتر، پاش گواستنەوەی بارەگای مەکتەبی سیاسی بۆ گوندی کاولان، کە کەوتۆتە نێوان هەردوو شاری پیرانشارو سەردەشت، لەو گوندە گیرسایەوە.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا هیچ ئەرکێکی پێ نەسپێردرا بەڵام دوای شەڕی کوڕێو وەستاندنی پێشڕەویی هێزەکانی عیراق، بارەگای لەگوندی حوجران، لە نێوان شەقڵاوە و پیرمام، دانا.

## سەید کەریم هاودیانی*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندەو ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩ی گوندی هاودیان لە ناوچەی ڕەواندز. ناوی تەواوی کەریم کەریم ڕەسول. بە ناوی باوکییەوە ناو نراوە، چونکە کە باوکی مردبوو، ئەو لە سکی دایکیدا بوو. ساڵی ١٩٧٢ خوێندنی لە کۆلێجی سەربازیی عیراق تەواو کردو بوو بەئەفسەر.

ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و لە هێزی سەفین بوو بە فەرماندەی بەتالیۆن. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە ئێران بوو بە پەنابەر. بەڵام پاش ئەوەی کە هەواڵی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بیست، لە ئێرانەوە رووی کردە سوریاو پەیوەندیی بە یەکێتییەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٧ لە سوریاوە بەناو تورکیادا لەگەڵ دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکان گەیشتە ناوچەی برادۆست و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردەوە. ساڵی ١٩٧٧ بووە یەکەم فەرماندەی هەرێمی ٧ی باڵەك. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ لە کۆبوونەوەی فراوانی گوندی شێنێ کە دووەم سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی لێ کەوتەوە، بوو بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٢ پاش دامەزراندنی مەڵبەندەکان، کرایە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی ٤.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆر چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی ئیشکۆر، زیارەت، شێنێ، قەڵاسنج، قەندیل، هەورێ، هیران، کەڵەکی باڵەیان، دەشتی هەولێرو ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی بێتواتە.

لە کاتی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و حکومەتی عیراق، لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٨٤ لە کاتی گەڕانەوەی لە سلێمانییەوە بۆ سورداش، خۆی و دوو پێشمەرگە بە ناوی نەهرۆ عەبدوڵڵاو سەباح مەجید لە بازگەی تاسلۆجەی نزیك سلێمانی کەوتنە بۆسەی جاشەکانەوەو شەهید کران.

## سەیفەددین عەلی ئەحمەد عەلی



کادیرو پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە ماملاستا سەیفەددین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی گوندی کەنداڵە قەلی سەر بە ناحیەی دیبەگەی قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر. لەبەر نەبوونی خوێندنگە لەگوندەکەیان، ناچار بوە بچێتە گوندی عالا. خوێندنی ناوەندیی لە شارۆچکەی دیبەگە تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی خانەی مامۆستایانی لە هەولێر بەئەنجام گەیاندوە و ساڵی ١٩٧٢ بووە بە مامۆستای وانەبێژ لەگوندی سەرگەڕان.

ساڵی ١٩٧٣ فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەرچوو، بووە مامۆستا لەگوندی گەرەوانی سەروو لە ناوچەی رەواندز. دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراق لە ساڵی ١٩٧٤، لەو گوندە وەك مامۆستا مایەوە. بەڵام دوای ئەوەی شەڕ ناوچەکەی تەنییەوە، بەشێکی زۆری دانیشتوان ناوچەکەیان بەجێ هێشت و لە ئێران ئاوارە بوون، ئەویش لەگەڵ خەڵکەکەدا ئاوارە بوو، لەئۆردوگای زێوە لە نزیك شاری ورمێ گیرسایەوەو ئەرکی مامۆستایەتیی خۆی لە خوێندنگەیەکی ئۆردوگاکە بەجێ هێنا.

دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ عیراق و دووبارە لە هەمان گوندی پێشوو بە مامۆستا دامەزرایەوە. سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٨١ بووە پێشمەرگە.

دوای ئەوەی چەند مانگێك لە بناری قەندیل مایەوە، نێردرایە کەرتی رێکخستنی دەشتی هەولێر و کرایە لێپرسراوی پۆلی رێکخستن. ساڵی ١٩٨٣ بووە لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی رەواندز و لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی وتوویژ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رژێمی عیراق لە کۆتایی ئەو ساڵە، کرایە ئەندامی لیژنەی هەماهەنگیی هەولێر.

ساڵی ١٩٨٤ بووە لێپرسراوی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەران لە تیپی ١٩ی کۆڕەك و بۆ ساڵی دواتر هەمان ئەرکی لە تیپی مەڵبەندی ٣ی هەولێر گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٨ بووە ئەندامی رێکخراوی ٢ی

کۆمەڵەو لە تیپەکانی ١٢ی سۆران، ١٩ی کۆڕەك، ٧٢ی باڵەك، ٧٨ی کاروخ، ٨٣ی هەورێ، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٩٣ی کۆیە و تیپی مەڵبەندی ٣ی هەولێر کاری ڕێکخستنی ئەنجام دا.


ساڵی ١٩٩١ لە کاتی وتوویژی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عیراقدا کرایە بەرپرسی لیژنەی هەماهەنگیی هەولێر. ساڵی ١٩٩٢ بووە بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی ئاکرێ. ساڵی ١٩٩٤ پاش دامەزراندنی مەڵبەندی ئاکرێ، بووە کارگێڕی مەڵبەند. هەر ئەو ساڵە بووە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکان و پاشان بووە جێگری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٩٧ بووە لێپرسراوی سیاسیی فەرماندەیی ٢ی هەولێر لە کۆیە و لە مانگی تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا کرایە جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٧دا بووە بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی. ساڵی ٢٠٠٩ خانەنشین کرا.

## سیامەند مامیر شاسواری



پێشمەرگەو کادیری ڕاگەیاندن. ناوی تەواوی سیامەند ئیسماعیل سادق. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی شاری سەقز لە کوردستانی ئێران. لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیرو خاوەن شەهیدە. ساڵی ١٩٦٣ لە خوێندنگەی سەرەتایی بوعەلی سینا لەسەقز دەستی بە خوێندن کرد. ساڵی




١٩٦٩ لەدواناوەندیی سەعدی درێژەی بەخوێندن دا و ساڵی ١٩٧٢ هەر لەو خوێندنگەیە دەستی بەخوێندنی ماتماتیك کردو لەو ماوەیەدا لە هەموو ساڵەکانی خوێندندا بەیەکەمی پۆلەکان دەردەچوو.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٢ دەست پێدەکا، کاتێك لەگەڵ هەر یەك لە سدیق فەروخیان و جەعفەر ئەمین زادەو ڕەوفی پەرستار بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی کوردستانی ئازاد کە ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی بوو. ساڵی ١٩٧٣ لە زانکۆی ئەفسەرانی فڕۆکەوانی لەتاران وەرگیرا، بەڵام پاش سێ مانگ لەسەر داوای ڕێکخراوەکە وازی لە خوێندن هێنا و گەڕایەوە بۆ سەقز.

ساڵی ١٩٧٥ لەشاڵاوێکی دەزگای ساواکی ئێران لە شارەکانی سەقزو بۆکان و مەریوان و سنەو تاران دژ بەڕێکخستنە نهێنییەکانی ڕێکخراوی کوردستانی ئازاد، لەگەڵ ٥٨ ئەندامی ڕێکخراوەکەدا گیرا و لەو ١٣ کەسە بوو کە بەدرێژایی شەش مانگ خرانە بەر درندەترین شێوەی ئەشکەنجەدان و پاشان سزای زیندانی کردنیان بەسەردا سەپێنرا.

سێ ساڵ لە بەندیخانەی سنە مایەوەو لەو ماوەیەدا بەشداریی لەهەموو مانگرتنەکاندا کرد کە گەورەترینیان مانگرتنی ساڵی ١٩٧٧ بوو کە گەورەترین مانگرتنی زیندانیان بوو لەمێژووی ئێراندا و ٢٤ شەو و رۆژی خایاند. ئەم مانگرتنە دەرەوەی زیندانیشی هەژاندو بە هۆیەوە خۆپیشاندانی گەورە بۆ پشتیوانی کردن لە مانگرتنی زیندانییەکان رێك خرا و لەم سەروبەندەدا چل کەس لەخۆپیشاندەران دەستگیر کران. مانگرتنەکە سەری گرت و لەجیهاندا دەنگی دایەوە. نوێنەری خاچی سوری نێودەوڵەتی لەسویسراوە چوو بۆ ئێران و سەردانی مانگرتووەکانی کردو فشاری لەسەر رژێمی شا دروست کرد تا داواکارییەکانیان دەستەبەر بکات.

لە زینداندا درێژەی بەخوێندن داو دیپلۆمی دواناوەندیی لەڕشتەی ماتماتیك بەدەستە هێنا. ساڵی ١٩٧٩ لەسەروبەندی روخانی رژێمی شادا زیندانییەکان بەندیخانەی سنەیان شکاند و ئازاد بوون. ئەم راکردنەش دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ بەشداری کردن لە خەباتی خەڵکی راپەڕیو و لە دژی رژێمی شا.

پاش روخانی رژێمی شا، بەشدار بوو لە دامەزراندنی بنکەی بوژاندنەوەی کەلتوری کوردی و لەگەڵ هەر یەك لە جەعفەر ئەمین زادە و عەبەی فەلاحی و رەوفی پەرستارو تەوار شاسواری لە تاران پێشکەوتوترین چاپخانەی ئۆفسێتیان کڕی و لە شاری سەقز دایانمەزراند. نۆبەرەی کارەکەش چاپکردنی ئەو کتێبەی فێربوونی زمانی کوردی بوو کە سیامەند لە بەندیخانە نوسیبوی. کتێبەکە بە تیراژی دەیان هەزار دانەی لێ چاپ کرا بۆ ئەو سەردەمە کە بزوتنەوەی کوردایەتی لە ئێران لە بوژانەوەدا بوو، ئەم کتێبە بایەخێکی تایبەتی هەبوو.

هەر ئەو ساڵە لەگەڵ چەند سیاسەتمەدارێکی دێرینی وەك سەید رەشید، کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان و یەکێتیی جوتیارانی کوردستانی دامەزراندو هەر لەو ماوەیەشدا کۆمەڵەی یەکسانی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پێك هێنا. دوابەدوای درووست بوونی قەیران لە ناو کۆمەڵەی یەکسانیدا، لەگەڵ چەند کادیرێکدا لەکۆمەڵەی یەکسانی جیا بۆوە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد و لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وەك لێپرسراوی چاپخانەو بەشی تەکنیکیی دەزگای راگەیاندنی کۆمەڵە دەستی بەکارکردن کرد. هەر ئەو ساڵە بە ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەران وەرگیرا و ئەرکی رێکخستنی پێ سپێردرا.

لەو ساڵەدا بووە ئەندامی هەڵبژێردراوی دەستەی کارگێڕی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان و بەشێکی زۆری ئەرکی تایپ و دیزاین کردنی گۆڤاری «نوسەری کوردستان»ی گرتە ئەستۆو بە نوسینیش بەشداریی تێدا کرد.

ساڵی ١٩٨١ بەشدار بوو لە یەکەم کۆنفرەنسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و لەم کۆنفرەنسەدا ئەندامی داڕشتنی پرۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بوو. پاش کۆنفرەنس، ئەرکی تایپ و دیزاین کردنی خولی دووەمی گۆڤاری «کۆمەڵە»ی گرتە ئەستۆو چەند نوسینێکیشی تێدا بڵاوکردەوە. هەر لەو ماوەیەشدا کتێبەکەی «هەژدەی برومێری لویس بۆناپارت»ی کارل مارکسی لە فارسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. دواتر ئەم کتێبە وەك بەشێك لەبەرنامەی وەرگێڕانی نوسینەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین چاپ کرا.

ساڵی ١٩٨٢ بووە ئەندامی کەرتی رێکخستنی شەهید ئازاد لە ناوچەی سەرکردایەتی و دواتریش لێپرسراوەتیی کەرتەکەی پێ سپێردرا و لە مانگی ئابدا بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٨٣ لە کاتی گواستنەوەی بارەگاکانی سەرکردایەتی لە زەڵێ و ناوزەنگ، ئەرکی گواستنەوەی کتێبخانەو ئەرشیفی کۆمەڵەو ئەرشیفی تایبەتی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ دۆڵی جافەتی پێ سپێردرا.

هەر ئەو ساڵە کرایە بەرپرسی دارایی یەکێتی لە دۆڵی جافەتی. پاش بەگەڕکەوتنەوەی دەزگای رۆشنبیریی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٤، چاپخانەکەی لە دۆڵی جافەتییەوە بۆ سورداش گواستەوەو هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لەکۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە لەمێرگەپان لەبناری چیای پیرەمەگرون. پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان حکومەتی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپخانەکەی بۆ ناوچەی مەرگە گواستەوە. دوا بەدوای دامەزراندنی دەزگای ناوەندی رۆشنبیریی کۆمەڵە، بەردەوام بوو لەسەر کارکردن و ئەرکی تەکنیکیی دەرکردنی خولی سێیەمی گۆڤاری «کۆمەڵە»ی گرتە ئەستۆ. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ بەشدار بوو لەگواستنەوەی کەلوپەل و ئەرشیف و چاپخانەی دەزگای ناوەندی رۆشنبیریی کۆمەڵە بۆ دۆڵەکۆگە.

پاش گەڕانەوەی لەدۆڵەکۆگە، لەگەڵ ئەو هێزەی مەڵبەندی ٤ کە ئازاد هەورامی سەرپەرشتیی دەکرد، چوو بۆ ناوچەی بادینان و بۆ ساڵی دواتر بەشدار بوو لە دامەزراندنی یەکەم چاپخانەی یەکێتی لە زێوە لە بادینان.

ساڵی ١٩٨٨، پاش دەستپێکردنەوەی شاڵاوەکانی ئەنفال و پەرەسەندنی شەڕی کیمیایی لە دژی کوردو کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوورو ناو ئێران، کوردستانی بەجێ هێشت و لە نەرویژ گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩١ یەکێ لەدامەزرێنەرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان بوو لە نەرویژو خۆی پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی فیدراسیۆنەکەی نوسیوە.

ساڵی ١٩٩٣ لە دامەزرێنەرانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان بوو، تا ساڵی ٢٠٠٠ کاری لە ناو ئەم حزبەدا کردووەو خۆیشی گەڵاڵەی بنەما تیۆرییەکان و پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی ئەم حزبەی نوسیوە.

ساڵی ١٩٩٤ سەرنوسەری گۆڤاری «شەبەنگ» بوو کە ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان بوو لە نەرویژ. ساڵی ٢٠٠٠ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بوو لەبەلژیك. ساڵی ٢٠٠٧ دیپلۆمی مایکرۆسۆفتی لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەنەرویژ بەدەست هێناو بۆ ساڵی دواتر دیپلۆمی دیزاینی لە ڕێی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە وەرگرت و هەر ئەو ساڵە بۆ ماوەی ١٤ مانگ لەکارگەیەکی نەرویژ وەك دیزاینەر و بەڕێوەبەری مەکینەی CNC کاری کرد.

## سێ جیهان (تیۆری)

تیۆرییەکی رادیکالە، دانەرەکەی سەرۆکی چین ماو تسی تۆنگە، لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا سەری دەرهێناوە، گوزارشتی لە جیهانبینیی ئایدیۆلۆژیی ماویزم کردووەو لە قۆناغێکی دیاریکراودا رێ پیشاندەری سیاسەتی دەرەوەی کۆماری گەلی چین بووە.

ئەم تیۆرییە هەر لە سەرەتاوە خۆی ئاخنییە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی بەجێ نەهێشت. تا ئەندازەیەکی زۆر، تیۆرییەکە لە ناو رێکخستنەکاندا بە نامۆیی مایەوە بەڵام لەسەر ئاستی سەرکردەکانی کۆمەڵە، بەشێکی سەرکردەکان لەوانە شەهاب شێخ نوری، باوەڕیان بە تیۆرییەکە هەبوو و پێیان وابوو کۆمەڵە لەو سۆنگەیەوە کە مارکسیزم بە فۆرمە ماویستییەکە پیادە دەکا، دەبێ ئەم تیۆرییەش وەك

بەشێکی جیانەکراوەی ماویزم بپارێزێ. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم بابەتە بە شێوەیەکی فراوان گفتوگۆی لەسەر نەکرا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە، پاش شکستی هەوڵی راکردنی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ دەرەوەی وڵات و دەستگیرکردنی سەرکردە راکردووەکان لە ناو خاکی ئێران و رادەستکردنەوەیان بە رژێمی عیراق، سەرکردایەتیی دیفاکتۆی کۆمیتەی هەرێمەکان بە ڕابەرایەتیی شاسوار جەلال تیۆریی سێ جیهانی بە شێوەیەکی تایبەت و ماویزمی وەك ئامرازی جیهانبینیی و رێپیشاندەر و تێشکەدەرەوەی راستییەکان رەت کردەوە. لەم رووەوە رەتکردنەوەی تیۆرییەکە هیچ کێشەی لێ نەکەوتەوە، بەتایبەتی کە تیۆرییەکە لە ناو رێکخستنەکاندا لەسەر ئاستێکی فراون زۆر بڵاو نەبوو.

تیۆریی سێ جیهان بە درێژەپێدەری تیۆریی ناساندنی یەکێتیی سۆڤێت بە دەوڵەتێکی سۆسیال-ئیمپریالیست دادەنرێ. پەیکەری گشتیی تیۆرییەکە پێی وایە یەکێتیی سۆڤێت دەوڵەتێکی بەناو سۆسیالیست و بەڕەفتار ئیمپریالیستە، لە بنەماکانی مارکسیزم هەڵگەڕاوەتەوە و بە ریڤیژیونیست، واتە لادەر لەمارکسیزم دەژمێردرێ، رۆژئاوا نوێنەرایەتیی سەرمایەداریی جیهانیو ئیمپریالیزم دەکا و چین بەناوەندی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانەی جیهان دادەندرێ. لەم چوارچێوەیەدا، تیۆرییەکە وای داناوە کەحزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت کۆمۆنیستی راستەقینە نینو تەنها حزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە هێڵی ماویزم حزبی مارکسیست- لینینیستی شۆڕشگێڕی راستەقینەن.

لە کاتێکدا یەکێتیی سۆڤێت بانگەشەی بۆ ناکۆکیی نێوان دوو جیهانی سۆسیالیستو سەرمایەدار وەك ناکۆکیی بنچینەیی جیهان دەکرد، تیۆریی سێ جیهان بانگەشەی بۆ ناکۆکیی نێوان سێ جیهان دەکردو ئەوەی بڵاو دەکردەوە کەجیهانی سێیەم بە ڕابەرایەتیی چینو بەپیادەکردنی ئایدیۆلۆژیای رادیکال دەتوانێ ئامانجەکانی بەدی بێنێو هەم لە ریڤیژیونیزمی یەکێتیی سۆڤێت رزگاری بێ هەم لە سەرمایەداریی ئەمریکا.

لە کاتێکدا جیهانبینیی یەکێتیی سۆڤێت وای دادەنا کەگەلانی چەوساوەو کرێکارانی وڵاتە سەرمایەدارەکان لە سەنگەری سۆسیالیزم دان لە دژی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی، تیۆریی سێ جیهان پێی وابوو گەلانی چەوساوەو کرێکارانی بلۆکی کۆمۆنیست (یەکێتیی سۆڤێتو هاوپەیمانەکانی )و کرێکارانی بلۆکی رۆژئاوا (ئەمریکا هاوپەیمانەکانی )و چین لەیەك سەنگەر دان دژی یەکێتیی سۆڤێت (سۆشیال- ئیمپریالیزم) و ئەمریکا (ئیمپریالیزم).

خاڵی جێ مشتومڕی تیۆرییەکە ئەوە بوو کە تیۆرییەکە وای بۆ چوو بوو کەسۆسیال- ئیمپریالیزم لە ئیمپریالیزم مەترسیدارترە، بۆیە دەکرێ هاوپەیمانی لە نێوان جیهانی سێیەم (هێڵی چین)و جیهانی یەکەمی (رۆژئاوا) لە دژی جیهانی دووەم (یەکێتیی سۆڤێت) بێتە ئاراوە. تیۆرییەکە پێی وابوو هاوپەیمانی لە دژی سۆشیال- ئیمپریالیزم هاوپەیمانییەکی تاکتیکییەو تا یەکێتیی سۆڤێت لە ناو نەبرێو دەوڵەتێکی رادیکال جێی نەگرێتەوە، بەربەستەکانی بەردەم پەرەسەندنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانەی جیهان لە ناو ناچن.

هێڵی شاسوار جەلال و پاشتریش هێڵی نەوشیروان مستەفا لەو بڕوایەدا بون کە تیۆریی سێ جیهان تیۆرییەکی چەپڕەوانەی توندڕەوە و بزاڤی شۆڕشگێڕانە توشی سەرلێشێواوی و لادان دەکا و تیۆرییەکە لە بەرەنجامی کۆتاییدا خزمەت بە ئامانجەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە ناکات.

# سیروان کوێخا نەجم



پێشمەرگەی دێرینو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی سیروان نەجم ڕەشید سەعید. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گەڕەکی زێوێی شاری کەرکوك. قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە. لەسۆنگەی فاکتەری سیاسییەوە، لە قۆناغێکی درەنگدا ئامادەیی تەواو کردووەو پاشان چۆتە زانکۆ.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە کۆمیتەی ئاگر ڕێك خراوە. ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٢ی کەرکوکو وەك کادیرێکی ڕێکخستنی جەماوەر لە سنوری قەڵاسێوکە و شوان کاری کردووە.

ساڵی ١٩٨١ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی ٢ی سورداش. ساڵی ١٩٨٢ دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکانو کارکردن بەسیستمی تیپەکان، کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی ٢ی شوان لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك.

ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی کەرتی یەکی ساڵەییو ساڵی ١٩٨٧ فەرماندەیی تیپی ٢٣ی سورداشی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٨ کرایە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری. لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی کارای لەبەرپەرچدانەوەی شاڵاوی چوارەمی ئەنفالەکاندا گێڕا و تا کۆتایی ساڵ لەگەڵ رەتڵەکانی کەرکوك و خاڵخاڵان و سورداش بەپارتیزانی مایەوە. دواتر، کشایەوە سەر سنورو لە قاسمە ڕەش لە ئێران گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٨٩ کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٦ی کەرکوك کە لە چوار تیپ پێکهاتبوو.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بە هێزێکەوە لەماوەتەوە دابەزیو بەشداریی لەرزگارکردنی شاری سلێمانیدا کرد. دواتر، رۆڵێکی دیاری لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی چەمچەماڵو قەرەهەنجیردا گێڕاو پاشانیش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا.

پاش راپەڕین کرایە فەرماندەی هێزی کەرکوكو پاش پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان بووە لێپرسراوی بەشی هەواڵگری لەفەرماندەیی ناوچەی کەرکوك. دواتر لێپرسراوەتیی مەدەنیی پێ سپێردرا و لە ماوەی ١٩٩٤-١٩٩٥دا کرایە قایمقامی قەزای چەمچەماڵو لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٦-١٩٩٨دا لێپرسراوەتیی جێگری پارێزگاری کەرکوکی لە دەربەندیخان پێ سپێردرا.

لە ساڵی ١٩٩٦دا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردو پاش دوو ساڵ لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی وەرگیرا. لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری یاسادا بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠٠٣ کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنو ساڵی ٢٠٠٥ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ١٢ی ڕێکخستنی چەمچەماڵی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانرا. لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە ساڵی ٢٠١٠ لە سلێمانی بەسترا، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٢ کرایە جێگری لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنو لە کۆتایی هەمان ساڵدا لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٦ی ڕێکخستنی سۆرانی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٨ لە جێی بەرزان ئەحمەد کوردە لێپرسراویەتیی مەڵبەندی ١٢ی ڕێکخستنی

چەمچەماڵی گرتە ئەستۆ و لە تەموزدا دەست بەکار بوو.

لە ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی کەرکوک، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## سێقوچان (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی بارەگای بنکەی ئەبو جەعفەر مەنسوری میلیشیاکانی جەیش شەعبی لە نزیك گوندی سێقوچان لە ناحیەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە حوزەیرانی ١٩٨٧ کە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە هەولێرو کەرکوك هەبوو.

شەوی ٤/٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧ هێزێکی هاوبەشی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و کەرتی ٦ی تیپی ٧٨ی کاروخ، بەپێی نەخشەیەکی تۆکمە، لە پێنج قۆڵەوە هێرشی کردە سەر بارەگای بنکەی ئەبو جەعفەر مەنسوری میلیشیاکانی جەیش شەعبی و رەبیەکانی دەوروبەری لە نزیك گوندی سێقوچان لە ناحیەی قوشتەپە لەسەر ڕێی هەولێر-کەرکوك.

لە قۆڵی یەکەمدا کە بە قۆڵە سەرەکییەکە دادەندرێ، کەرتەکانی ١و ٢و ٦و مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر بارەگای بنکەکەو لە ماوەی نیو کاژێردا دەستیان بەسەر بارەگاکەدا گرت.

لە قۆڵی دووەمدا هەردوو کەرتی ١و ٥ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هێرشیان کردە سەر رەبیەی شەمزیناوە لە دەشتی مەرکیەو دەستیان بەسەردا گرت. ئەرکی رەبیەکە پاراستنی چاڵە نەوتەکانی ناوچەی کەندیناوە بوو.

لەقۆڵی سێیەمدا پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو کەرتی ٦ی تیپی ٧٨ی کاروخ هێرشیان کردە سەر رەبیەی سیراوە لە دەشتی شەمامك و دەستیان بەسەردا گرت.

لە قۆڵی چوارەمدا کەرتی ٣ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ هێرشی کردە سەر رەبیەی قەلاوەو دەستی بەسەردا گرت.

لە قۆڵی پێنجەمدا مەفرەزەیەکی کەرتی ٥و مەفرەزەیەکی کەرتی ٣ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ هێرشیان کردە سەر رەبیەکەی سەر گوندی سپیندارە و دەستیان بەسەردا گرت.

ئۆپەراسیۆنەکە زیانی ماددی و گیانیی بە هێزەکانی عیراق گەیاند. لە بنکەکەو رەبیەکاندا زیاتر لە٨٠ چەکداری جەیش شەعبی کوژران لەوانە فەرماندەی بنکەکە حەسەن عەلی ناجی، خەڵکی بەغدا، لە حزبی بەعس پلەی رەفیقی هەبوەو بە پیشە بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتی نەوت. دە چەکداریش بە دیل گیران. هێزی پێشمەرگە هەموو بینا و هۆڵەکانی بارەگای بنکەکەی تەقاندەوە. دەستکەوتێکی زۆر کەوتە دەست پێشمەرگە لەوانە ١٤ کامیون، ١٩٤ پارچە چەك، ٨ دەزگای بێسیم، ٢٠٠ گوللەی هاوەن، ٥ سندوق نارنجۆکی دەستی و زیاتر لە ٣٥٠ هەزار فیشەك.

ئەمە یەکەم جار نەبوو هێزی پێشمەرگە دەست بەسەر بارەگای بنکەکەدا بگرێ. پێش ئۆپەراسیۆنەکە بە سێ مانگ، هێزی پێشمەرگە لە شەوی ٤/٣ی ئازاری ١٩٨٧دا دەستی بەسەر بارەگای بنکەکەدا گرتبوو و زیانی گەورەی لێ دابوو.

## سێکانی (شەڕ)

شەڕێکە هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی

سۆسیالیستی کوردستان پێکەوە لە دژی هێزەکانی سوپای عیراق لە ناوچەی بەستی شەرغە ئەنجامیان داوە. شەڕەکە بە هێرشێکی بەربڵاوی هێزەکانی سوپاو جاش بۆ سەر گوندی سێکانی دەستی پێکرد و پاشان شەڕگەکە فراوان بوو و چەند گوندێکی تری گرتەوە.

لە ٢٧ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٢دا هێزێکی بەربڵاوی سوپاو جاش هێرشی کردە سەر هێزی پێشمەرگەی پارتی کۆمۆنیست لەگوندی سێکانی و پاش شەڕێکی سەخت، پێشمەرگەکان بە زیانێکی کەم دەرباز بوون و بۆ هەڵەتەکانی پشتی گوندەکە پاشەکشەیان کردو دواتر لە چیای ناساز لەپشت گوندی قەمبەر دامەزران.

دوا بەدوای ئەمە، دوو هێزی پێشمەرگەی یەکێتی کە یەکێکیان کەرتی دووی قوەتی دەشتی هەولێر بوو بە ڕابەرایەتیی ئەحمەد قەمبەری و ئەوی تر قوەتی خۆشناوەتی بوو بە ڕابەرایەتیی خولە عەزیز فەرحان بۆ پشتیوانی لەپێشمەرگە کۆمۆنیستەکان گەیشتنە شوێنی شەڕەکە. هەروەها هێزێکی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستیش گەیشتە شوێنی شەڕەکەو دوا بەدوای ئەمە هەر سێ لایەن بەیەکەوە نەخشەی هێرش کردنە سەر هێزی دوژمنیان دارشت. بەم پێیە، هێزی یەکێتی لە قۆڵی سێگرتکانەوە هێرشی کردو هێزی پارتی کۆمۆنیست و سۆسیالیستیش لە شەیتان و سێکانییەوەو لە ئاکامدا هێزەکانی دوژمن بەرەو خوار سێکانی هەڵبڕدران.

دوای ئەم هێرشە، نزیکەی ٢٠ هەلیکۆپتەر گەیشتنە مەیدانی شەڕو هەندێکیان سەربازێکی زۆریان لە ناوچەکە داگرت. شەڕەکان یەك هەفتەیان خایاند، هێزەکانی دوژمن تێیدا دەوروبەری ١٥٠ سەربازو جاشیان لێ کوژرا، لە هێزی پێشمەرگەش لە حزبی شیوعی ١١ پێشمەرگە و لە یەکێتی پێشمەرگەیەك و لە حزبی سۆسیالیست دوو پێشمەرگە شەهید بوون.

## سێوسێنان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و ژمارەیەکی زۆر لەجاشەکان لە نزیك گوندی سێوسێنان لە قەرەداغ لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧٨. لە ئاکامدا ٩ جاش کوژران و ٤ جاش بریندار کران. جاشەکان لە ناوچەکە گیریان خواردو نەیانتوانی هەڵبێن. ڕۆژی دواتر هێزی ئاسمانیی سوپای عیراق بەفریایان گەیشت و کوژراو و بریندار و ساغەکانی بەهەلیکۆپتەر گواستەوە.

## سێوسێنان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە کە پێکهاتبوو لە مەفرەزەکانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و لقی ٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نێوان هێزێکی سوپای عیراق لەگوندی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداغ لە ٢٨ی ئابی ١٩٧٩.

هێزەکانی سوپا بۆ کێوماڵ کردنی ناوچەکە، بە هەلیکۆپتەر ژمارەیەکی زۆر سەربازیان لەگوندەکانی مەسۆیی، عەلیاوا، سێوسێنان و بەلەکجاڕ دابەزاند. دوای تەواوکردنی کاری کێوماڵ کردنی ناوچەکە و خۆئامادەکردنی هێزەکە بۆ کشانەوە، هەر کە هەلیکۆپتەرەکان لەگوندی سێوسێنان دەستیان بەگواستنەوەی سەربازەکان کرد، پێشمەرگەکان هەلیکۆپتەرەکانیان گوللەباران کردو لە ئەنجامدا شەڕێکی یەك سەعاتی هاتە ئاراوە. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا یەك هەلیکۆپتەر پێکرا و یەك سەربازیش کوژرا.

## شاترلوو (چالاكیی پێشمەرگانەی ناوشار)

چالاكییەكی تیپی ٢١ی كەركوكە لەگەڕەكی شاترلوی شاری كەركوكدا لە ساڵی ١٩٨٦. لە٣١ی ئابدا پێشمەرگەیەكی تیپی ٢١ی كەركوك نارنجۆكێكی فڕێدایە ماڵی نۆكەرێكی رژێمی بەعس لەگەڕەكی شاترلوو كە بوە هۆی كوژرانی پاسەوانێك و برینداربونی چەند پاسەوانێكی تر.

چالاكییەكە كە دەنگدانەوەیەكی زۆری لە ناو شاری كەركوك هەبوو، زۆرتر پەیامێك بوو بۆ نۆكەرانی رژێمی بەعس بۆ دانانی سنورێك بۆ پەیوەندییان لەگەڵ رژێمدا.

## شاخەوان عەباس*




پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی كۆمیتەی سەركردایەتی. ناوی تەواوی محەمەد عەباس عەولا. لەدایكبووی ساڵی ١٩٥٢ی شاری هەولێر. ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندیی بە یەكێتیی قوتابیانی كوردستانەوە كردوە و ساڵی ١٩٦٧ بووە بە ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان. ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیی بە كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە كردوە.

ساڵی ١٩٧٣ ئامادەیی كشتوكاڵی لە هەولێر تەواو كردو بۆ ساڵی دواتر بوو بەسەربازو رەوانەی دیوانیە كرا. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەئەنجام نەگەیشتنی وتووێژی كوردو حكومەتی عیراق و زیادبوونی ئەگەری دەستپێكردنەوەی شەڕ، وازی لە سەربازی هێناو گەڕایەوە بۆ هەولێر. لەوێ چووە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و لە لقی كشتوكاڵی هیران بە فەرمانبەر دامەزرا.

ساڵی ١٩٧٥ پاش نسكۆی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بوو، ماوەیەك لەئۆردوگای بەهرام لەدیزفول گیرسایەوە. لە مانگی ئایاردا گەڕایەوە بۆ كوردستان و پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەوە كردەوە. لەم سەروبەندەشدا بەفەرمانبەر لە دیبەگە دامەزرا.

لە كانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لە دیبەگە دەستگیر كراو برایە ئەمنی هەولێر. تۆمەتی ئەوەی خرایە پاڵ كە پەیوەندیی بە ڕێكخستنی كۆمەڵەوە هەیە. سەرەڕای ئازاردان، هیچی نەدركاند. دواتر، برایە بەغداو لەوێش خرایەوە ژێر لێكۆڵینەوەو ئەشكەنجەدان. پاش ئەوەی كە هیچی لەسەر ساغ نەبۆوە، لە كۆتایی مانگی شوبات ئازاد كراو گەڕایەوە سەر كاری پێشووی لە دیبەگە. دواتر خۆی بۆ پیرمام گواستەوە. دوای ئەوەی كە پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەوە كردەوە، كرایە ئەندامی كۆمیتەی هەرێمی هەولێرو




لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی ناو شاری هەولێری پێ سپێردرا.

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٧، پاش ئاشکرابوونی هەندێ ئەندامی ڕێکخستنەکان و شپرزەبونی دۆخەکە، هەولێری بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە دەشتی هەولێر بوو بەکادیر.

لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧، لە سەروبەندی یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە برادۆست، کرایە کارگێڕی لقی ٤ی هەولێر وەك نوێنەری کۆمەڵە. لە ئازاری ١٩٧٨دا بەشدار بوو لە یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی کۆمەڵە لەگوندی نۆکان. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠ بەشدار بوو لە خولێکی عەسکەری لە باشووری لوبنان کە ڕێکخراوی بەرەی دیموکراتی رزگاریی فەلەستین بە رابەرایەتیی نایف حەواتمە بەتایبەت بۆ کادیرەکانی یەکێتی سازی کردبوو.

پاش گەڕانەوەی لە لوبنان، لێپرسراوەتیی قوەتی دەشتی هەولێری گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٢ دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپەکان، بووە یەکەم فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و دواتریش بووە فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لە شەقڵاوە بوو.

ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. هەمان ساڵ، دوا بەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بە ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی سەوز هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٠ بووە بەرپرسی مەکتەبی مافی مرۆڤ.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

لە یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ لە تەقینەوە تیرۆریستییە خۆکوژییەکەی ناو مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر، لەگەڵ پۆلێك ئەندام و کادیر شەهید بوو.

دیارترین بەرهەمەکانی: «سەفەری کوردایەتی: بیرەوەرییەکانی شارو شاخ ١٩٧٤- ١٩٨٠» (٢٠٠٢ چاپی یەکەم، ٢٠١٢ چاپی دووەم).

بابەتی پەیوەندیدار:

* دەشتی هەولێر (تیپ).
* بەڕانەتی (تیپ).

# شادمان مەلا حەسەن



نوسەرو رۆژنامەنوس. ناوی تەواوی شادمان حەسەن مەولود. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٩ی گوندی باغەمرەی شەهابی نزیك شاری هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لەگوند تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٨٣ قۆناغی ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە. دوو ساڵ لەخوێندن دابڕاوە. ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووەو لە ناو شار بەرپرسی شانەیەکی ڕێکخستن بوە. لە ساڵی ١٩٨٧دا چۆتە بەر خوێندن و لەئامادەیی بازرگانیی هەولێر درێژەی بە خوێندن داوە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە شەڕەکانی ناو شاردا کرد، لەوانە شەڕەکانی گرتنی بارەگای فرقەی ئینتیساری حزبی بەعس و سەربازگەی هەولێرو دواتریش بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری کەرکوکدا کرد. لە نیساندا بەشداریی شەڕی دەربەندی کۆڕێی کرد کە شەڕێکە سنوری بۆ پێشڕەویی هێزەکانی عیراق داناوە.

پاش ڕاپەڕین بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی دەوروبەری هەولێری حزبی سۆسیالیست و لە پایزدا لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ناوچەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ خۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبی سۆسیالیست و هاتنی بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بووە ئەندامی یەکێتی و لەم سەروبەندەدا کرایە کارگێڕ لە کۆمیتەی شەهیدانی هەولێرو پەیامنێری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە هەولێر.




ساڵی ١٩٩٥ لە بەشی ژمێریاریی پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر وەرگیراو دواتر بە هۆی گەلەکۆمەکێی حکومەتی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦، هەولێری بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەدا کرد و لە پایزدا کرایە ئەندامی ئیدارەی فەرماندەیی ٢ی هەولێر لە کۆیە. ساڵی دواتر بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا کرد. ساڵی ١٩٩٨ لە فەرماندەییەکانی رۆژئاوادا ئەرکی وردبینی دیوە. ساڵی ٢٠٠٠ قۆناغی دووەمی خوێندنی پەیمانگای تەکنیکیی لە کۆیە تەواو کرد. ساڵی ٢٠٠٣ لە سەروبەندی روخانی رژێمی بەعسدا، بەشدار بوو لە ئازادکردنی ناحیەی گوێڕو شاری موسڵ.

ساڵی ٢٠٠٤ ئەرکی ڕێکخراوەیی گرتە ئەستۆو وەك کادیر لە مەکتەبی پەیوندییە کوردستانییەکاندا کاری کرد. لە هەمان کاتدا خوێندنی لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی تەواو کرد.

ساڵی ٢٠٠٥ بووە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکانو ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی. ساڵی ٢٠١٤ بووە خوێندکاری ماستەر لە بواری ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی.

ئەزمونی نوسینی بۆ ساڵی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوە، کاتێك یەکەم وتاری لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق بڵاوکردۆتەوەو دواتریش چەند وتارێکی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو کردۆتەوە. ساڵانی دواتر، وتارو لێکۆڵینەوەکانی لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاو کردەوەو لە ساڵی ٢٠١٤ بەدواوە بیرو بۆچونەکانی لە ستونێکیدا بە ناونیشانی «ڕاستییەکەی» نمایش کرد. پێشتریش چەند ستونێکی لە ڕۆژنامەکانی دیکەدا هەبوە لەوانە ڕۆژنامەی «هەواڵ»، هەروەها لە ماوەی ٢٠٠٨-٢٠١١ ستونێکی هەفتانەی لە ڕۆژنامەی «ئاسۆ» دا بە ناونیشانی «ڕای سێیەم» هەبوە. لە نوسینە سیاسییەکانیدا پشت ئەستورە بەفەزایەکی فراوانی ئازادی و لە شێوازی نوسیندا وشەی سادە بۆ نمایش کردنی بیرۆکەیەکی دیاریکراو بەکار دێنێ. چەند کتێبێکی هەیە.

لە کانوونی دووەمی ٢٠١٨دا بڕوانامەی ماستەری لەسەر تێزی «مافی چارەی خۆنوسین لە ڕۆژنامەوانیی کوردی باشوری کوردستان» لە زانکۆی سلێمانی بە دەست هێنا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی هەولێر، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و دواتر لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی کۆمسیۆنەکاندا بە لێپرسراوی کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن هەڵبژێردرا.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ڕۆڵی گۆڤاری زاری کرمانجی لە ڕۆشنبیریی کوردیدا» (٢٠١٠)، «باشوری سودان لە لکاندنەوە بۆ سەربەخۆیی» (٢٠١١).

## شارباژێر (شەڕ)

دوو پێکدادانە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عیراق کە لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٧ هێرشیان بردۆتە سەر ناوچەی شارباژێر بۆ لەناوبردنی دەستە چەکدارەکانی پێشمەرگە. لە شوێنێکدا کە کەوتۆتە نێوان گوندی نۆدێ و باڕاو شەڕ دامەزرا، یەك سەعاتی خایاندو سەربازێکی تێدا کوژرا. لە بەرەی دۆڵەتووی چوارتاش شەڕ دامەزرا تێیدا پێشمەرگە عەلی مام کەریم شەهید بوو.

شەو هێزەکانی سوپا لە ناوچەکە مانەوە بەو نیازەی کە بەیانییەکەی درێژە بە ئۆپەراسیۆنەکانیان بدەن، بەڵام گۆڕانی کەش و هەڵکردنی زریان، بوو بە مایەی ڕەقبوونەوەی ٥٧ سەربازی کۆماندۆو پەرێشانبوونی ١١٥ سەربازی تر کە بەیانییەکەی بەپەلەپروزێ گەیەنرانە نەخۆشخانە. بەم هۆیەوە، فەرماندەی هێزەکانی مەنسور لە سلێمانی کەوتە بەر تانەو تەشەر و لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهێنرا.

## شارباژێر (هەرێم)

هەرێمی ٣ی شارباژێر. یەکێکە لەو هەشت هەرێمەی کە لە کۆبونەوەکانی ماوەی نێوان ٣١ی ئابو ١٢ی ئەیلولی ١٩٧٧ لە برادۆست بڕیاری پێکهێنانیان دراوەو یەکێکیشە لەو چوار هەرێمەی کە

له پشکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بون.

سنوری هەرێمەکە لە پانتایی ناوچەی شارباژێر فراوانتر بوو. ناوچەیەکی بەربڵاوی گرتبۆوە، لەباکوردا زێی بچوك و دەریاچەی دوکان سنوری بوو، لەباشوردا سلێمانیو بەرزنجە، لە ڕۆژهەڵاتدا سنوری عیراق- ئێرانو لە ڕۆژئاوادا ڕێگای سلێمانی- دوکان.

بونی سلێمانی لە سنوری هەرێمەکەدا بایەخێکی زۆری بۆ هەرێمەکە دروست کردبوو، بەتایبەتی کە پێشمەرگە دەیتوانی لە هەموو لایەکەوە بچێتە ناو شارو چالاکیی تێدا ئەنجام بدات.

هەرێمەکە چوار فەرماندەی بەخۆیەوە دیوە. یەکەم فەرماندەی، نەوشیروان مستەفایە کە لە کۆبونەوەکانی برادۆست بە فەرماندەی هەرێمەکە دیاری کراوەو حاجی حاجی برایمیش لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کراوەتە جێگری. نەوشیروان مستەفا لە کانونی یەکەمی ١٩٧٧دا وەك فەرماندەی هەرێمەکە دەستبەکار بوو بەڵام پاش ئەوەی کاروباری هەرێمەکەی ڕێکخست، وازی لێ هێناو زۆرتر خۆی بە ڕێکخستنەوەی کاروباری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە سەرقاڵ کرد. بۆیە ماوەی هەڵسوڕانی وەك فەرماندەی هەرێمەکە لە چوار مانگ تێناپەڕێ، بەڵام لەو ماوەیەدا توانی بناغەیەکی پتەو بۆ هەرێمێکی چالاك و پوخت دابنێو لەسەر دەستی ئەو کەرتەکان و سنوری چالاکیی هەر یەکێکیان ڕێك خران. هەرێمەکە لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر کادیری عەسکەریی هەبوو کە لە پرۆسەی ڕێکخستنی هەرێمەکەدا لێپرسراوەتیی فەرماندەی کەرتیان پێ دراو بەشێکیان دواتر لێپرسراوەتیی گەورەتریان وەرگرت و ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لەوانە عەبدولقادر هەڵەدنی، حاجی مەحمودی گەورەدێیی، عەلی حیکمەت ناسراو بە عەلی ئامەخان، جەمال عەلی باپیر، نەبەز ڕەشید ئەحمەد، حەمەی مامە سەلام، عوسمان قالە منەوەر، سەڵاح چاوشین، غەفور سەعید، جەلال کوێخا عەبدوڵڵا، سمایل گەورەدێیی، عەلی ئەحمەد.

لە نیسانی ١٩٧٨دا مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ عەلی، کە لە کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەگوندی نۆکان بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرابوو، لێپرسراوەتیی هەرێمەکەی ڕووبەڕوو کرا. هێشتا مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر بە تەواوی لە هەرێمەکە دەست بەکار نەبووبوو، کاتێك لە١٩ی نیساندا لەگەڵ بەشی یەکەمی هێزێکی گەورەدا بەرەو سنوری عیراق-تورکیا، لە چوارچێوەی ئەو ئۆپەراسیۆنەی کەدواتر بە ئۆپەراسیۆنی هەکاری ناسرا، بەڕێ کەوت بە مەبەستی دانانی بنکە لە ناوچەی برادۆستو وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە لەبەرنامەدا بوو لە سوریاوە بە ناو تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە لە برادۆست.

لەهاوینی ١٩٧٨دا، دوا بەدوای شکستی ئۆپەراسیۆنی هەکاریو بە دیل گیرانی فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێر ، مستەفا چاوڕەش لێپرسراوەتیی هەرێمەکەی گرتە ئەستۆ.

پاش شەهیدبونی فەرماندەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ فەیسەڵ ڕەشید تاڵەبانی لە شارەزوور لە نیسانی ١٩٧٩، مستەفا چاوڕەش وەك فەرماندەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ دەستنیشان کرا و بەکر حاجی سەفەر، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کە تازە کرابوە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لێپرسراوەتیی هەرێمی ٣ی شارباژێری پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٢ لە سەروبەندی دانانی بەرنامەیەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بەیەکەی بچوکتر، هەرێمی ٣ی شارباژێر وەك تێست سێ

تیپی لێ پێك هێنرا كە بریتی بون لە تیپی ٣٣ی سلێمانی بە فەرماندەیی ئاوات قارەمانی، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی عەلی چوارتاییو تیپی ٣١ی بەرزنجە بە فەرماندەیی سەلاح چاوشین.

هەرێمی ٣ی شارباژێر یەکێ لە هەرێمە چالاکەکان بوو. ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هەرێمی ٥ی قەرەداغ و هەرێمی یەکی هەورامان، یەکێ لە چالاکترین سێ هەرێمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. بەپێی ئەوەی کە لە «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق»دا بڵاوکراوەتەوە، پێشمەرگەکانی هەرێمی ٣ی شارباژێر لە ساڵی ١٩٨٠دا توانیویانە ٨٢ چالاکیی پێشمەرگانە ئەنجام بدەن.

## شارباژێڕ (تیپ)

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ. ساڵی ١٩٨٢ دوا بە دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، هەرێمی ٣ی شارباژێر هەڵوەشێنرایەوەو سێ تیپی لێ پێك هێنرا کە تیپەکانی ٣٣ی سلێمانی، ٣٧ی شارباژێڕو ٣١ی بەرزنجە بون.

سنوری تیپە تازەکە لە سنوری هەرێمی ٣٧ی شارباژێر بچوکتر بوو، بەڵام بەشە سەرەکییەکەی قەزای شارباژێڕی گرتۆتەوە، لە سنوری نێودەوڵەتیی عیراق- ئێرانەوە تا نزیك چیای ئەزمڕ. بەمجۆرە، سنورەکەی چەند ناوەندێکی گرنگی گرتۆتەوە لەوانە چوارتا، قەڵاچوالان، ماوەت و کارێزە.

تیپەکە حەوت فەرماندەی هەبوە. یەکەم فەرماندەی تیپەکە عەلی چوارتاییە کە پێشتر فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی ٣ی شارباژێڕ. لە ساڵی ١٩٨٤دا چوارتایی کرایە فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی و جەمال حەمەی خواکەرەم جێی گرتەوە. ساڵی ١٩٨٥ والی عەبدولقادر براخاس ناسراو بە جوامێر فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٨٦دا جێگری فەرماندەی تیپی ٦٨ی مامەندە سەلیم حەمە ئاغا، بۆ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ گوێزرایەوەو فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا. ساڵی پاشتر فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی هەڵۆ ئەحمەد کوردە ئەرکی فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆو وەك پێنجەم فەرماندەی تیپ دەستبەکار بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨دا جەمال محەمەد خواکەرەم کرایە فەرماندەی تیپەکە بەڵام، زۆر لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە نەمایەوە. هەر ئەو ساڵە حەمە حەمە رەسول ناسراو بە حەمە هەژار فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپەکە، فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا.

تیپەکە بە یەکێ لە تیپە چالاکەکان دەژمێردرێ. نزیکیی قەڵەمڕەوەکەی لە شاری سلێمانی و بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بارەگای تاڵەبانی و سنوری عیراق- ئێران، ئەرکێکی قورسی خستە ئەستۆی و وای کرد بە بەردەوامی لە ناوجەرگەی پێشهاتە گەرم و گوڕەکاندا بێ. لەم سەروبەندەدا تیپەکە بەشداریی کارای لە ژمارەیەکی زۆری ئۆپەراسیۆنە گرنگەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پشتیوان (١٩٨٢)، دابان- هەلاج (١٩٨٥)، قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، داستانی رزگاری (١٩٨٧)و شەڕەکانی دۆڵی جافایەتی لە سەروبەندی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال و لەم سۆنگەیەوە ژمارەیەکی زۆری شەهیدی هەیە، بەناوبانگترینیان عەلی چوارتاییە کە یەکەم فەرماندەی تیپەکەیە.

## شارستێن (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە ناو گوندی شارستێن لە سنوری ناحیەی

بنگرد لە ئەیلولی ١٩٧٦ کە تێیدا هێزەکانی عیراق تاوانی جەنگیان ئەنجام داوە.

لە ئەیلولی ١٩٧٦ دا، لە کاتێکدا کە هەموی چەند مانگێك بوو دەست بە خەباتی چەکدار کرابۆوەو تازە دەست بە ڕێکخستنی کاروباری پێشمەرگایەتی کرابوو، هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە دوکانەوە بە پیادە لە دوو قۆڵەوە روی لە گوندی شارستێنی سەر بە ناحیەی بنگرد کرد: قۆڵی یەکەم لە گوندی سێدەرەوەو قۆڵی دووەم لە گوندی هەنجیرەوە رووەو بەرزایی کونە ماریێ. ئامانجی سەرەکیی هێزەکە کێومالّ کردنی گوندەکانی ناوچەکە بوو بە مەبەستی دۆزینەوەی پێشمەرگەو چەکی شاردراوەو گرتنی لاوانی راکردوو لە سەربازی، سەرباری تۆقاندنی گوندنشینەکان و بڵاوکردنەوەی کەشێکی پڕ توندوتیژی و سڵەمینەوە. بۆیە بەر لەوەی هێزەکە بگاتە گوندەکە، مەلای گوندەکە حاجی مەلا رەسول شارستێنی، داوای لە لاوانی راکردوو لە سەربازی و کەسانی خاوەن چەك کرد، گوندەکە بە خێرایی بەجێ بێڵن و لە چیاکانی دەوروبەر خۆیان بشارنەوە.

ئەو بەشەی هێزەکە کە لە سێدەرەوە بەڕێ کەوتبوو، لەبەر ئەوەی شارەزای ڕێگاکە نەبوو، دوو هاووڵاتیی بە ناوی یاسین خالید رەشید و حەمە جۆڵا وەك بەڵەد پێش خۆی خستبوو، بەڵام هەر کە هێزەکە گەیشتە سەر چیای قۆچەسورە، بە فەرمانی فەرماندەی هێزەکە هەردوو هاووڵاتییەکە گوللەباران کران.

پاش گەیشتنی هەردوو بەشی هێزەکە بە شارستێن و پشکنینی ماڵ بە ماڵی گوندەکە، هێزەکە بەپێی پلانی دانراو، پاش پشودان، بەرەو گوندی دۆڵەبی بەڕێ کەوت، بەڵام لە ڕێگا، لە شوێنێکی نزیك گوندەکە، دەستەیەك پێشمەرگە کە خۆیان بۆ هێزەکە لە بۆسە نابوو، تەقەیان لێ کردو لە ئەنجامدا هێزەکە بە هەڵەداوان پاشەکشەی کردو گەڕایەوە بۆ شارستێن، لەوێ بنەی داکوتاو ترسی هێرشی پێشمەرگەی لێ نیشت.

ئێوارە هێزێکی پێشمەرگە دابەزییە ناو گوند و شەڕێکی دەستەویەخە لە ناو گوند قەوما. شەڕ تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گوندەکە خۆیان دەرباز کرد و لە گوند چونە دەرێ. لەگەڵ گزنگداندا پێشمەرگە لە گوند کشایەوە.

بەیانییەکەی، چەند هەلیکۆپتەرێك بە ئاسمانی ناوچەکەدا سوڕانەوە. لە ناو گوندیش، سەربازەکان دانیشتوانی گوندەکەیان کۆکردەوەو کەوتنە گەف و هەڕەشە لێیان. بە بەر چاوی خەڵکەکەوە، حاجی مەلا رەسول گوللەباران کرا. لەگەڵ بینینی ئەم دیمەنە تۆقێنەرەدا، خەڵکەکە بە تۆقیوی رایانکرد، لەو لاشەوە سەبازەکان کەوتنە تەقەکردن لێیان. لە ئاکامدا ١٢ کەس شەهید بوون و ٩٠ کەسی تر بریندار بون. ژمارەیەکیشیان وەك بارمتە برانە دوکان. لەوێ هەندێکیان ئازاد کران، ژمارەیەکی تریان رەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کران، هەندێکیشیان بە بەندکراوی برانە بەندیخانەکانی سەماوەی باشوری عیراق.

لە بیرەوەرییەکانی عوسمان شارستێنی دا کە بە ناونیشانی « بە ڕێگاوە بەرەو ئازادیی کوردستان» بڵاو کراونەتەوە، ئەم ئامارو زانیارییانە دەربارەی شەڕەکەی شارستێن چنگ دەکەون:

- لە شەڕەکەی ناو گوندا هێزەکانی عیراق ژمارەیەکی زۆر کوژراو و ئەنگاوتەیان هەبوو. لە هێزی پێشمەرگەش ٧ شەهید هەبوو.

- لە ١٣ هاووڵاتییە شەهیدەکەی شارستێن ئەم ناوانە زانراون: حاجی مەلا رەسول شارستێنی، حەمە ئەمین عەبدوڵڵا، قادر حەسەن، زێڕین قادر، پیرۆز حاجی مستەفا، مەلیحە حاجی مستەفا، سورە حەمە ئەمین، قادر ئەحمەد.

- لەو بارمتانەی کە بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب راپێچ کران، یەکێکیان بە ناوی ئەحمەد ساڵح لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید کراوە، یەکێکی تریش بە ناوی ساڵح مەحمود قادر لە سێدارە دراوە. هەروەها ژمارەیەکی تر فەرمانی زیندانی کردنیان بۆ دەرچووەو ماوەیەك بەند کراون لەوانە ئیسماعیل عارف، رەسول سەعید، حەسەن حسێن، ئیسماعیل مستەفا، محەمەد عەبدوڵلا.

هەروەها بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە یەکەم ژمارەی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» لە ئایاری ١٩٧٨ بڵاوکراونەتەوە، ناوی ئەم شەهیدانەش ساغ کراونەتەوە: ئامینە عەبدوڵلا، قادر حەمە وەیس، خەدیجە مەحمود قادر. ئەحمەد ساڵحیش کە لە ئەبوغرێب لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لە دەست داوە، وەك «بێسەرو شوێن» ناوی هاتووە چونکە تا ئەو کاتە چارەنوسی نادیار بوو. هەر هەمان ئەم سەرچاوەیە ئاماژەی بەوە داوە کە لەو هێرشە بەربڵاوەدا چەند هاووڵاتییەکی دیکە لە گوندەکانی تر «بەبێ تاوان» کوژراون لەوانە یاسین خالید رەشیدو حەمە جۆلا لە سێدەر، عوسمان سەعید لە هەنجیرە، مەحمود مام عەولا لە یاخیان، کوێخا حسێن لە دۆڵەبی و عەلی حاجی سەعید لە سێکانیان.

## شارەزور (راپەڕین)

راپەڕینی ناوچەی شارەزور لە ئایاری ساڵی ١٩٨٧ کە شارەکانی سەید سادق، خورماڵ، سیروان و هەڵەبجەی گرتۆتەوە. راپەڕینەکە لە شاری سەید سادق دەستی پێ کردو بە شێوەیەکی خێرا ناوچەکەی تەنییەوە. لەم راپەڕینەدا، بەتایبەتی لە سەید سادق و سیروان، هێزی پشتگیری رۆڵێکی پێشەنگی گێڕاوە.

شەوی ١٣/١٢ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ هێزێکی گەورەی پشتگیریی گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی سەید سادق چووە ناو شارۆچکەکەو لە رێگەی بڵندگۆوە داوای راپەڕینی لە دانیشتوانی شارۆچکەکە کرد. خەڵکی سەید سادق بە دەم بانگەوازەکەوە چون و خۆپیشاندان و گردبونەوەیان ساز کردو بەشێکی زۆر لە چەکدارەکانی رژێمی عیراق چونە پاڵ جەماوەرەوە.

بەیانییەکەی، خەڵکی راپەڕیو هەموو دەروازەکانی چونە ناو شارۆچکەکەیان گرت. لەم سەروبەندەدا هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە پاڵپشتی تانك رەوانەی شارۆچکەکە کراو هەلیکۆپتەریش بەسەر شارۆچکەکەدا سوڕایەوە. شەڕێکی سەخت لە نێوان هێزەکانی سوپا لە لایەك و خەڵکی راپەڕیوی ناوچەکەو پێشمەرگەکانی هێزی پشتگیری و چەکدارە هەڵگەڕاوەکان هاتە ئاراوە. هێزەکانی سوپا نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن و زیانێکی زۆریان لێ کەوت.

هەر ئەو رۆژە هێزێکی تیپی ١٥ی شارەزورو مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و هێزی پشتگیری و خەڵکی راپەڕیوی ناوچەکە پێکەوە هەڵیانکوتایە سەر رەبیەکانی سەر رێگای زەڵم- سیروان و توانییان دەستیان بەسەردا بگرن. پاش گرتنی رەبیەکان، هێزە هاوبەشەکە داکشایە سەر شارۆچکەی خورماڵ و پاش شەڕێکی سەخت دەستی بەسەردا گرت. دوا بەدوای راپەڕینەکەی سەید سادق و گرتنی شارۆچکەی خورماڵ، دانیشتوانی شارۆچکەی سیروان بە پشتیوانیی هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری لە دەسەڵاتدارانی شارۆچکەکە راپەڕین و پاش چەند پێکدادانێك دەستیان بەسەر شارۆچکەکەدا گرت. لە خورماڵ زرێپۆشێك و دوو ئیڤا گڕیان تێ بەر دراو لە سیروان ٤ ئۆتومبیلی حکومی و رەشاشێکی دیمترۆف تێك شکێنران. لە هەر سێ مەکۆی راپەڕینەکە، هێزەکانی عیراق

ژمارەیەکی زۆر سەربازیان لێ کوژراو ٧١ سەربازیش بەدیل گیران، سەرباری ئەوەی کە بڕێکی زۆری چەك و تەقەمەنی دەستی بەسەردا گیرا.

لە١٤ی ئایاردا هەڵەبجە چووە ریزی ڕاپەڕینەکەوە. لەو ڕۆژەدا خەڵکی هەڵەبجە خۆپیشاندانیان ڕێکخست، ڕژانە سەر شەقامەکان و ڕووبەڕووی هێزەکانی عیراق بونەوە. هێزەکانی عیراق توندوتیژییەکی زۆریان بەکار هێناو ماڵی چەندین هاووڵاتییان روخاند. گەڕەکی کانی ئاشقان زیانێکی زۆری بەر کەوت و بەشێکی زۆری تەخت کرا.


توندوتیژیی هێزەکانی عیراق لە دژی خۆپیشاندەران گەیشتە رادەیەك ژمارەیەکی زۆری چەکدارەکانی سەر بە حکومەت بۆ پاراستنی خزم و کەسوکارو دانیشتوانی شار، ڕووبەڕووی هێزەکانی عیراق بونەوەو لەگەڵیان بە شەڕ هاتن.

لەم ڕاپەڕینەدا بەشێکی گەڕەکە ڕاپەڕیوەکان درانە بەر تۆپ و لە ئاسمانەوە هەلیکۆپتەر بە دۆشکا تەقەیان لێ کردن. دەرەوەی شارۆچکەکانیش درانە بەر تۆپ.

## شارەزوور (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق لەسەر جاددەی گشتیی سەید سادق - سلێمانی لە ٩ی ئازاری ١٩٨١. هێزەکەی پێشمەرگە کە پێکهاتبوو لە کەرتی ١و کەرتی ٣و کەرتی ٤ی هەرێمی ١ی هەورامان و مەفرەزەیەکی هەرێمی ٩و مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی، لەسەر ڕێگاکە بۆسەی دانا. هێزێکی سوپا کەوتە بۆسەکەوە و درایە بەر گوللە. دوای شەڕێکی ٣ سەعاتی، هێزەکەی سوپا ئەفسەرێك و نزیکەی ٢٠ سەربازی لێ کوژرا، ٢ ئەفسەرو ١٩ سەربازی لێ بریندار بوو، ٣ ئۆتۆمبێلی سەربازیش تێك شکێنرا.

## شازاد سایب



یاساناس و دیپلۆمات. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٦ی سلێمانی. دەرچووی کۆلێجی مافی زانکۆی بەغدا. لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا تێکەڵ بەجیهانی سیاسەت بوو و لەم سەروبەندەدا بوو بە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان.

یەکێك بوو لە سەرکردەکانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٦٧. دوای تەواو کردنی خوێندن، بوو بەپارێزەرو لە هەمان کاتیش لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کاری کرد. ساڵانی ١٩٦٩- ١٩٧٠ سەرنوسەری گۆڤاری «ڕزگاری» بوو کە زەمینە خۆشکەری بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو. ئەم گۆڤارە ١٥ ژمارەی لێ دەرچووەو بەیەکێ لەگۆڤارە سیاسییە کاریگەرەکانی ژیانی سیاسیی کورد دەژمێردرێ. ساڵی ١٩٧٠ بەشداریی لە پرۆژەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا کرد.

دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥و ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەمان ساڵ، پەیامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی گەیاندە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە سوریا. ساڵی ١٩٧٩ لەسەر داوای سەرکردایەتی، وازی لە پیشەی

پارێزەری هێنا، عیراقی بەجێ هێشت و لە بریتانیا گیرسایەوە. دواتر ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی یەکێتیی لە سوریا پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٠ گەڕایەوە بۆ کوردستان، لە ناوزەنگ گیرسایەوە و لە پرۆژەی پێکهێنانی دادگای باڵای شۆڕش بەشدار بوو. ساڵی ١٩٨١ بە هۆی نەخۆشییەوە کوردستانی بەجێ هێشت و چووە هۆلاند. ساڵی ١٩٨٨ بوو بە نوێنەری یەکێتی لە ئەوروپا.

لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٢، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە بوو. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٤- ٢٠٠١ لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتی بوو لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا. لە ٢٤ی کانونی دووەمی ٢٠٠١ پۆستی وەزیری کشتوکاڵی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێ سپێردرا.

لە کاتێکدا کە بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چوو بوو بۆ رانیە، لە ٢١ی ئایاری ٢٠٠١ لەگەڕانەوەدا لەسەر رێی نێوان پیرەمەگرون-تاسلۆجە بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستدا.

## شاسوار جەلال*




لێپرسراوی کۆمیتەی هەرێمەکان و بڕیاردەری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ماوەی نێوان کۆتایی ١٩٧٥ و سەرەتای ١٩٧٨. ناوی تەواوی شاسوار جەلال سەعید غەنی. ناسراو بە ئارام . لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی. لە بنەماڵەیەکی مامناوەنجە و بە بنەچە دەچێتەوە سەر شێخانی بەرزنجە.

ساڵی ١٩٥٣ لە سلێمانی خراوەتە بەر خوێندن. لەگەڵ مەلیحە خانی خوشکی کە مامۆستا بووەو زوو زوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گواستراوەتەوە، ساڵەکانی خوێندنی سەرەتایی هەر جارەی لە شوێنێك تەواو کردووە. پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٥٤دا لە سلێمانی تەواو کردووە. لەگەڵ گواستنەوەی خوشکی بۆ ماوەت، پۆلی سێیەمی لە ماوەت و لە ساڵانی دواتردا پۆلەکانی تری لە چوارتا تەواو کردووە، هەروەك قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە.

ساڵی ١٩٦٤ لە کۆلیجی ئەندازیاریی زانکۆی بەغدا وەرگیرا، بەڵام بە هۆی کزیی چاوییەوە نەیتوانی بەردەوام بێت لەسەر خوێندن لەو کۆلیجە. ساڵی دواتر لە کۆلیجی بازرگانی وەرگیرا و ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی لەو کۆلیجە تەواو کرد.

مێژووی پەیوەندی کردنی بە یەکێتیی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دیار نییە. لەو پێشەکییەی کە سالار عەزیز لە ساڵی ١٩٨٠دا بۆ چاپی یەکەمی کۆکراوەی نوسینەکانی نوسیویەتیو لەگێڕانەوەی وێستگە گرنگەکانی ژیانی کە ساڵی ٢٠٠٧ محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی لە دوتوێی کتێبی « ئارام و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد» ئامادەی کردووە، هیچ ئاماژەیەك بۆ ساڵی پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستان نەکراوە.

لە سەردەمی دابەشبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر دوو باڵدا، شاسوار جەلال بە هۆی ریشە شارییەکانییەوە و لە سۆنگەی بیروباوەڕە




پێشکەوتنخوازەکانییەوە پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کردووە.


مانەوەی لە بەغدا پاش تەواو کردنی خوێندن لە زانکۆ، ئەو دەرفەتەی بۆ پێك هێنا کە لە ناوەندە ڕۆشنبیری‌و سیاسییەکان نزیك بکەوێتەوە و مشتوماڵی ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕییەکان بکات. پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ یان ١٩٧١ دەگەڕێتەوە. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، کرایە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان‌و بەرپرسی لقی بەغدای یەکێتییەکە و ساڵی دواتر کرایە بەرپرسی بەشی روناکبیری و ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی یەکێتیی لاوان.

ساڵی ١٩٧٢ لە ڕۆژنامەی «هاوکاری» وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووس دامەزرا. لەو ماوەیەدا هەوڵیدا لە ڕێی نوسینەوە بانگەشە بۆ بیرو بۆچونە ئایدیۆلۆژییەکانی بکا. لەو ماوەیەدا لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکدا سەرقاڵی وەرگێڕانی هەندێ لە ئەدەبیاتی چەپی شۆڕشگێڕ بوو بۆ سەر زمانی کوردی لەوانە وەرگێڕانی نوسینەکانی سەرۆکی کۆریای باکور کیم ئیل سۆنگ.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و ڕژێمی بەعس، لەگەڵ ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتیی دیموکراتی لاواندا بارەگای یەکێتییەکەی بۆ چۆمان گواستەوە و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. دواتر لەگەڵ چەند کادیرێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا، لەوانە جەبار حاجی ڕەشید، بەشدار بوو لە سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی کامپی خوێندکارانی ناو شۆڕش لە پێنجوێن.

پاش هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی‌و بە گرێبەست لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەدان کردنەوەی پارێزگای سلێمانی دامەزرا . لەم قۆناغەدا زۆر بە چڕی سەرقاڵی کارکردن بوو لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا.

پاش ئەو گورزەی کە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیان وەشاند، ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و کادیرەکانی ڕێکخستن گیران و ژمارەیەکی زۆریشیان ناچار بوون خۆیان بشارنەوە، لەم سەروبەندەشدا ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ خۆدەربازکردن لە شالاوی ڕاوەدونان و گرتن، رویان کردە ئێران بەو مەبەستەی کە لە ئێران ڕێوشوێنێکیان چنگ کەوێ بەهۆیەوە بگەنە سوریا، بەڵام هەموویان لە ناو ئێران دەستگیر کران و دواتر ڕادەستی عێراق کرانەوە. بەمجۆرە.



کۆمەڵە بەبێ سەرکردایەتی مایەوە. لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ شاسوار جەلال لەگەڵ هەر یەك لە مەلا بەختیار و عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر و ئازاد هەورامی و سالار عەزیز کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکان پێکهێنا بۆ فریاکەوتنی ڕێکخستنەکان. بەکردەوە، کۆمیتەی هەرێمەکان وەك سەرکردایەتیی دیفاکتۆی کۆمەڵە هەڵسوکەوتی کرد، بەبێ ئەوەی هیچ کام لە ئەندامەکانی، پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی بووبن. کۆمیتەی هەرێمەکان لە کاتێکی پێوانەییدا توانی رایەڵەی ڕێکخستنەکان ڕێك بخاتەوە و کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە بۆشایی دەسەڵات رزگار بکا. پێنج ساڵ پاش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکان، راپۆرتی گشتیی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ساڵی ١٩٨١ کە بە دیکۆمێنتێکی فەرمی دەژمێردرێ، سەری ڕێز و نەوازشی بۆ هەوڵەکەی شاسوار جەلال بۆ فریاکەوتنی شانە پەراگەندەکانی ڕێکخستن و پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی دیفاکتۆ دانەواند و کۆششەکەی بە دەستپێشخەرییەکی «گرنگ و کاریگەر» ئەژمار کرد.

لە شوباتی ١٩٧٦دا راپۆرتێکی سەبارەت بە ڕەوشی ناوخۆی کۆمەڵە نووسیو تێیدا ڕەخنەی لە ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە گرت کە هیچ پلانێکیان بۆ ئەگەرە خراپەکان نەبووەو لە کاتی تەنگانەدا ویستویانە وڵات بەجێ بهێڵن و خۆیان دەرباز بکەن.


شاسوار جەلال کە لەم قۆناغەدا وەك سەرۆکی کۆمیتەی هەرێمەکان ڕەفتاری کردووە، درێژەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا داوەو هەماهەنگییەکی پوختی بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان هێناوەتە دی . بە ڕێنمایی ئەو و ئەندامانی تری کۆمیتەی هەرێمەکان، مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە پارێزگای سلێمانی پێك هێنران . خۆیشی سلێمانیی

بەجێ هێشت و لە دێهاتەکانی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەستپێکرد. ئەم قۆناغە گرنگترین قۆناغی ژیانی سیاسیی پێکدێنێ. هەوڵو کۆششی بۆ فریاکەوتنی کۆمەڵەی رەنجدەران و رزگارکردنی لە پوکانەوە و لە ناوچوون بایەخێکی مێژوویی زۆری هەیە.

سەرەڕای بارودۆخی سەختی سەرەتایی قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، لە ئەیلولی ١٩٧٧ لە گوندی گوڕبازی ناوچەی قەرەداغ رۆژنامەی «ئالای شۆڕش»ی دەرکردووە کە تێیدا هەوڵیداوە خەباتی نیشتمانی و خەباتی چینایەتی تێکەڵ بە یەکتری بکا و لە دیدگای جیهانبینیی مارکسیستییەوە شرۆڤەی رەوشی جیهان بکات.

تەمەنی وەك سەرکردە و وەك پێشمەرگە زۆری نەخایاند. لە ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ لەگوندی تەنگیسەری ناوچەی قەرەداغ بە دەستی جاشەکان شەهید کرا و لەگەڵ شەهیدبوونی، بابەتەکانی ژمارە ٢ی رۆژنامەی «ئالای شۆڕش» ون بوون. هەر لەو گوندە لەگۆڕستانی شێخ مستەفا بە خاك سپێردرا.

نوسینەکانی کە بەشێکی گرنگی وێژەی شۆڕشگێڕانەی کورد لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم پێکدێنن، پاش مردنی بە چەند ساڵێك، لە دەیەی هەشتاکان سەرلەنوێ چاپ کرانەوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا بەشێکی نوسینەکانی لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «هەڵبژاردەیەك لە نوسینەکانی شەهید ئارام» لە چاپخانەی برایم عەزۆ لەگوندی زەڵێ بڵاوکرانەوە. سالار عەزیز پێشەکییەکەی نوسیوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢دا لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «ئارام و بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیستی» کە پێشەکییەکەی مەلا بەختیار نوسیویەتی، بەشێکی وتارەکانی کە لە




ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ لە رۆژنامەی «هاوکاری» بڵاوی کردۆتەوە، چاپ کرانەوە. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧دا محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی بەشێکی نوسینەکانی جارێکی تر لە سلێمانی چاپ کردەوە، هەروەك ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران لە ساڵی ٢٠١٠دا لە چوارچێوەی پرۆژەی دیکۆمێنت کردنی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەشێکی نوسینەکانی چاپ کردەوە.

بە بەراورد لەگەڵ سەرکردەکانی تری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شاسوار جەلال، پاش تاڵەبانی، لە هەموان زیاتر لەسەری نوسراوەو لەم سەروبەندەدا ژمارەیەك لێکۆڵینەوە و کتێبی لەسەر دەرچووە کە تیشکیان خستۆتە سەر وردەکارییەکانی تێڕوانینە سیاسییەکانی و پێگە و رۆڵی لە ناو کۆمەڵەی

ڕەنجدەران و کۆمیتەی هەرێمەکان و ڕۆڵی بەرچاوی لە قۆناغی ئامادەکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا لەوانە کتێبەکەی محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی «ئارام و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کورد» (٢٠٠٧)، لێکۆڵینەوەکەی فەرید ئەسەسەرد «ئارام و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی سیاسیدا» (٢٠١٢)و کتێبەکەی یوسف محەمەد بەرزنجی «ئارام: شەهیدێك لە بناری کەڵەوێ دا» (٢٠١٥).

بابەتی پەیوەندیدار:

*ئاڵای شۆڕش (ڕۆژنامە).

*کۆمیتەی هەرێمەکان.

*ڕاپۆرتی شوبات.

## پاشکۆی ژمارە ١

## لیدیا شاسوار بە ئارامی لە ئارام دەدوێ (دیدار)

**تارق کەمال**

ژنێکی بە ئەسڵ و فەسڵ ڕوسی و هاوژینی شەهید ئارامی سەرکردەو بیرمەند، لە ماڵەکەی خۆی لە سلێمانی، سەربووردەی ژیانی خۆی و کاکە ئارام بۆ کوردستانی نوێ دەگێڕێتەوە.

لیدیا ئیڤان، ناوە ڕووسییەکەی خاتوونێکە کە لە کوردستان ناوەکەی بووەتە لیدیا شاسوار جەلال.

ساڵی ١٩٤٤ لە شاری ناگینس لە نزیك مۆسکۆی پایتەختی ڕوسیا، لە بنەماڵەی ئیزۆت لەدایك بووە. ساڵی ١٩٦٨ لە مۆسکۆ زانکۆی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٠ هاوسەرگیریی لەگەڵ شەهیدی سەرکردە شاسوار جەلال ناسراو بە ئارام کردووە. ساڵی ١٩٩٣ بووە بە کارمەند لە زانکۆی سلێمانی لە بەشی پەیوەندییەکان و لە هەمان کاتیشدا لە بەشی ئینگلیزیی کۆلیژی زمان وانەی وتۆتەوە. ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٦ چۆتە وڵاتی کەنەدا بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەر. ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشین کراوە. لە دوای خانەنشین بوونییەوە لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کاری کردووە.

ئەو ئێستا بە تەواوی شارەزای زمان و کلتووری کوردییە، دەیان کاری ڕۆژنامەوانی و هەروەها چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیی ئەنجام داوە. بە هۆی ئەوەی پێشتر قسەمان لەبارەی ئەم دیدارەوە کردبوو ، کە ئێمە گەیشتینە بەر دەرگای ماڵەکەی، ئەو خۆی بۆ میوانداری ئامادە کردبوو. بە دەم چا خواردنەوەو تەماشاکردنی ئەلبوومی وێنەو یادگارییەکان، دەستمان کرد بە قسە کردن و شەن و کەوی لاپەڕەکانی ژیانی ئەو و شەهید ئارام. زەمەنێکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕیوە کە ئەو لە سەرەتای باسەکەوە باسیان دەکات، بەڵام هێشتا گرنگییان لای زۆربەمان هەیە، بەتایبەتی کە دوو هۆکاری سەرەکی ئەم بابەتە بەگرنگی دەهێڵنەوە، یەکەم ئەو باس لە کەسێك دەکات کە شەهیدی سەرکردەو بیرمەند ئارامە، کە یەکێکە لە پایەکانی شۆڕش و ڕێبازی کوردایەتی. دووەمیش سەربووردەی ژیانی کەسێکە کەدوور لە کەسوکارو وڵاتەکەی خۆی لە وڵاتێکی نوێ بە کلتوور داب ونەریتی ئەو کۆمەڵگە نوێیە ئاشنا دەبێت و پاش شەهیدبوونی هاوسەرەکەیشی ناگەڕێتەوە وڵاتی دایك و هەر لە کوردستان دەمێنێتەوە.

لێرە بە دواوە خۆمان نادوێین و بواری گێڕانەوە دەدەینە خاتوو لیدیا، کە بەمجۆرە دەدوێ:

ناوم لیدیا ئیڤانە لە بنەماڵەی ئیزۆت لە وڵاتی ڕوسیا لە ١٨ی ئازاری ١٩٤٤ لە شاری ناگینس لە نزیك مۆسکۆ لەدایك بووم. کە شووم بە ئارام کرد نازناوی هاوسەرەکەم وەرگرت و ئێستا لە کوردستان

به لیدیا شاسوار جەلال ناسراوم ، لە شارەکەی خۆم تا قۆناغەکانی ئامادەییم تەواو کردووە و پاشان بۆ خوێندنی زانکۆ چوومەتە مۆسکۆ. هەمان ئەو زانکۆیەی کەسایەتییە ناودارەکانی روسیا خوێندنیان تێدا تەواو کردووە، منیش دەرچوی ساڵی ١٩٦٨ی ئەو زانکۆیەم. بەڵام بە داخەوە نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم.

دوای تەواوکردنی خوێندن چومە کتێبخانەیەك بۆ کارکردن کە کتێبخانەی لینینە و یەکێکە لە کتێبخانە بەناوبانگ و گەورەکان.

بەهۆی نامەکانمەوە لەگەڵ ئارام هەموو کارمەندانی پۆستەی روسیا دەیانناسیم. پێش هاوسەرگیریمان ئارامم دەناسی، لە٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠ پێکەوە هاوسەرگیریمان کرد. گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەمان دەبوایە لە روسیا بوایەو لە شارێکیش بوو کە ٣٥٠ کیلۆ مەتر لە مۆسکۆوە دوور بوو. رۆژێکی زۆر خۆش بوو. من و ئارام و دایکم و باوکم رۆیشتین و گرێبەستەکەمان کرد. بەڵام سەرەتا دەترسام روو بکەمە وڵاتێکی دیکەو ژیانی تێدا بەسەر بەرم. ئەو کات لە عیراق دوو جۆر مافی مانەوە هەبوو: کاتی و هەمیشەیی. سەرەتا داوای مانەوەی کاتیم کرد. دوو ساڵی پێ چوو تا مافی مانەوەیان پێدام. ئەو دوو ساڵە ئارام لە سلێمانی بوو، منیش لە مۆسکۆ بووم، هەفتانە نامەمان بۆ یەکتر دەنارد. نامەی چوار لاپەڕەیی، وام لێ هاتبوو هەموو کارمەندانی پۆستەی روسیا دەیان ناسیم.

مانگی ئەیلولی ١٩٧٣ بە یەك گەیشتین، ئەو رۆژەی کە هاتم بۆ بەغدا، مۆسکۆ زۆر سارد بوو. منیش خۆم پێچابۆوەو چاوەڕێی فڕۆکەم دەکرد، کاتێك هاتمە بەغدا ئارام لە فڕۆکەخانەی بەغدا چاوەڕێی دەکردم، بەڵام کە لە فڕۆکەخانە دابەزیم سەیرم کرد کەشوهەوا زۆر گەرم بوو، پلەی گەرما ٣٩ پلە بوو، ئیتر یەکمان بینی. ئارام شوقەیەکی هەبوو لە ناوچەی کەڕادەی شەرقی لە بەغدا. ئەو کات ئارام لە رۆژنامەی هاوکاری کاری دەکرد. ئەو شوقەیە ماڵەکەمان بوو لە بەغدا. پاش هەفتەیەك مانەوەمان لە بەغدا، کاك سالاری برای ئارام هات بە شوێنماندا و هاتین بۆ سلێمانی. بەسەرهاتێکی خۆشی ئەو سەردانە ئەوە بوو کە هاتین مانگی رەمەزان بوو. بەیانییان نانیان بۆ من ئامادە دەکردو هەر من نانم دەخوارد. پرسیم ئەی ئێوە بەیانییان نان ناخۆن. وتیان ئێمە کاتێکی تر نان دەخۆین. من نەمدەزانی بە هۆی رەمەزان و رۆژوو گرتنەوە نان ناخۆن. کاتێك جەژنیش هات بەیانییەکەی چێشتیان لێنابوو، زۆر بەلامەوە سەیر بوو، بەڵام خۆش بوو. ئێستاش کە جەژن دێت دەچم بۆ ماڵی خەزورم، یەکەم کەسم کە دەچمە سەر سفرەکە. پاش جەژنیش گەڕاینەوە بۆ ماڵەکەی خۆمان لە بەغدا. عەتیە خانیشمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ لای دکتۆر. ئەو کاتە نەخۆشیی شەکرەی هەبوو.

زۆری نەخایاند، ئێوارەی ٢٨ی شوباتی ١٩٧٤ ئارام بە پەلە هاتەوە بۆ ماڵەوە، وتی با بڕۆین، بارودۆخ تێك چووە لەوانەیە شەڕ دروست ببێت، بلیتی شەمەندۆفێرم کڕیوە بۆ موسڵ. یەکسەر بەڕێ کەوتین بۆ موسڵ و لەوێش تەکسیمان گرت بۆ هەولێر بۆ ماڵی جەعفەر عەبدولواحید، چوار رۆژ لەوێ بووین. ئارام منی نارد بۆ سلێمانی و خۆی لەهەولێر مایەوە. زانیم ئەم بارودۆخە بەهۆی تێکەڵبونی ئارامە بە کاروباری سیاسی و تێکۆشان لەپێناوی نەتەوەکەی.

لە حوزەیرانی ١٩٧٤ کاك تەهای برای ئارام بە رووداوی هاتوچۆ گیانی سپارد. منیش لەگەڵ خەزورم بووم کە زۆرم خۆشدەویست. من دوو بنەماڵەم هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە هێناومیانەتە دونیاوە ئەوی تریان کاك جەلال و عەتیە خانە. من پێم دەوت بابە جەلال. ئارام چوو بوو بۆ حاجی ئۆمەران، بابە جەلال

منی برد بۆ ماڵی کاک کەمال لە پێنجوێن. ئیتر هەموومان لەگەڵ خێزانی کاک شەهاب شێخ نوری و کاک نیهاد پێکەوە بووین. لە تەمووزی ١٩٧٤ چووینە حاجی ئۆمەران و تا ئازاری ١٩٧٥ لەوێ ماینەوە. لەو ماوەیەدا ژیانێکی زۆر ناخۆشمان بینی. ئیتر شاسوار وتی لەمەولا بۆ هەر شوێنێك بچم تۆش دێیت لەگەڵم.

**ئێران بووە وڵاتی سێیەمم**

دوای هەرەس هێنانی شۆڕش ئێمە چووینە ئێران. لە ئێرانەوە چووینە پێنجوێن و سەید سادق، ڕێگایەکی زۆر ناخۆش بوو. کاک سالار ئەو کاتە بەڕێوەبەری ئەشغاڵ بوو، لە سەید سادق چاوەڕێی دەکردین. پرۆسەی خۆ تەسلیم کردن هەبوو، هاتینەوە بۆ سلێمانی. خەڵکی نیوەی لە شار مابۆوە نیوەیشی ڕۆیشتبوو. حکومەتیش هیچی بەرامبەر خەڵك نەدەکرد. تا مانگی ئاب، ئیتر گرتن و ناردنی خەڵکی بۆ خاورو‌ی عیراق دەستی پێکرد.

لە ١٩ی ئابی ١٩٧٥دا کاک ئەنوەر زۆراب گیراو لیستێکی ناوی برادەرانی کۆمەڵەی پێ بوو، لەگەڵ دەمانچەیەك. ئیتر کە زانیمان کاک ئەنوەر گیراوە، ئارام خۆی شاردەوە. کاک شەهاب شێخ نوری و برادەرانیش وتیان ئێمە دەڕۆین. داوایان لە ئارام کرد بچێت لەگەڵیاندا، بەڵام ئارام مایەوە بۆ کاری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناو شار. ئارام ژمێریار بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغال، حکومەت چوو بۆ گرتنی، رایکرد. منیش ئەو کاتە بەگرێبەست کارمەند بووم لە زانکۆی سلێمانی. کاک شەهاب و ئەوان چون بۆ ئێران لەوێ گیران. لە یەکی کانونی دووەمی ١٩٧٦ ئێران تەسلیمی عیراقی کردنەوە. حکومەت دەیویست هەموویان بگرێت و پێکەوە حوکمیان بدات. چەندین جار هەوڵیاندا ئارام بگرن، بۆیان نەگیرا.

کارێکی منداڵانە رزگاری کرد. رۆژێك دەزگا ئەمنییەکانی بەعس هەڵیانکوتایە سەر ئەو گەڕەکەی کە ئارام خۆی تێدا شاردبۆوە. زانیاریشیان هەبوو. ماڵ بە ماڵیان دەپشکنی. هەر ماڵێك بچوونایە بە بۆیە زەربێکیان لە دیواری ماڵەکە دەدا. منداڵێکیش لاسایی کردبوونەوەو هەر لە خۆیەوەو بە بۆیە زەربێکی دا لەو ماڵەی ئارامی لێ بوو. ئەو منداڵە بوو بە فریشتە و ئارام نەدۆزرایەوە و دەستگیر نەکرا. ئەو کاتە من و ئارام مانگی جارێك یەکتریمان دەبینی. لە مانگی تەموزی ١٩٧٦ حوکمی لەسێدارەدان بۆ کاک شەهاب و برادەرانی دەرچوو و لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ حوکمەکە جێبەجێ کرا. کاک دارۆو ئەوانیش بە شەش ساڵ حوکم دران. پاش ئەوە هەر لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ شاسوار چووە دەرەوە.

شەوی ٥/٤ تشرینی دووەمی ١٩٧٦ لە ماڵی کاک کەمال ئارامم بینی و زۆر گریام. شاسوار وتی مەگری چونکە منیش زۆر دڵتەنگ دەبم، ئیتر نە دەمبینی و نە دەمزانی لە کوێیە، ئەمەش بۆ من زۆر قورس بوو، چونکە خۆشەویستیی ئارام منی هێنابووە ئەم وڵاتەو ئارامیشم لێ ون ببوو.

لەو رۆژەوە ئارامم نەبینی، بەڵام نامەمان بۆ یەکتری دەنارد. من لە ماڵی خەزورم بووم شتێکی ناخۆش روویدا. کابرایەك بە ناوی برایم رەشە گیرا، لە ماڵەکەی خۆی کاغەزێکی شاسواری پێ بوو بۆ من، بە ئینگلیزی نوسرابوو، نازناوی من، خەجیج بوو. برایم رەشە ئیعترافی نەکرد. سالاری شوبرام ئاسایش بانگیان کردبوو، نامەکەیان پیشان دابوو کە ئەمە نامەی ئارامە ئەویش نکۆڵی لێ کردبوو. چەندین جار منیان بانگی ئاسایش دەکردو بەڵێننامەیان پێ پڕ کردمەوە کەنابێ پەیوەندی بە ئارامەوە بکەم.

ناخۆشیی زۆرم بینی. ماڵی بابە جەلال بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ بوون و نەهامەتییان زۆر بەسەردا هات، بابە جەلالی خەزورم چوو بۆ سەردانی نەخۆشێکی

خزمیان، سەیارە لێی دابوو، مردبوو. تەلەفۆنیان کرد بۆماڵەوە، من وەڵامم دایەوە، تێگەیشتم کە دەڵێت بابە جەلال مردووە بەڵام نەمدەزانی چۆن بە ئەوانی تر بڵێم. لە ٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ بابە جەلال مرد. ئێمە لە تەعزێدا بووین و هەر لەو مانگەدا بوو هەواڵیان هێنا کە ئارام لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨ شەهید بووە.

ئێستا دەتوانم باسی بکەم. کاتێك هەواڵی شەهیدبوونی ئاراممان پێگەیشت، هەموان لە ماڵەوە دانیشتبووین و بێ ئاگا بووین. خزمێکی ماڵی بابە جەلال هاتبوو سەیری کردبووین، قسەی نەکردبوو، پاشان هاتەوەو من لە دواوەی خانوەکە بووم، کاتێکم زانی بوو بە گریان و لەخۆدان و خۆ کوشتن. ئیتر منیش حەپەسام، نەمدەزانی چی بکەم وچی بڵێم. دوای شەهید بوونی ئارام ئیتر ژیانێکی ئاسایی رۆژانەم دەگوزەراند، لە زانکۆ فەسڵ کرابووم. لە ماڵی بابە جەلال بووم. ساڵی ١٩٨٠ گرفتم بۆ دروست بوو، وتیان دەبێت سقوتی جنسیە بکەیت. هاتنە ماڵەوە وتیان وەك حکومەتی عیراق رەگەزنامەت دەدەینێ بە مەرجێك کاری جاسووسی بۆ حکومەت بکەیت. منیش وتم چۆن؟ وتیان هەر چییەك لە سلێمانی ببیستیت دەبێت بە ئاسایش بڵێیت. منیش قبوڵم نەکرد، وتیان ئێمەش رەگەزنامە بە تۆ نادەین، منیش وتم دەگەڕێمەوە بۆ روسیا، بەڵام ئەم کوڕەم چی لێکەم، مەبەستم سوارە بوو. وتم بەخێوکردنی ئەم کوڕە لەسەر شانی ئێوەیە، ماوەیەکی تر رەزامەند بوون و رەگەزنامەم وەرگرت. ساڵی ١٩٨٢ چووین بۆ بەغدا بۆ وەرگرتنی رەگەزنامەی عیراقی، بەڵام زۆر بێتاقەت بووم. لەگەڵ سالار بووین، هاوڕێیەکی سالار هات بۆ لامان، وتی لیدیا خۆت کۆ بکەرەوە دەڕۆینەوە بۆ سلێمانی، وتم کێ مردووە، وتی بە سالار مەڵێ، عەتیە خان مردووە. دیسان تەعزێ بوو. ساڵی ١٩٨٨ کاك کەمال وەفاتی کرد. من خێرم لە خۆم نەدیوە. تاکەکانی ئەو خێزانە کوردپەروەرە شۆڕشگێڕە زۆربەیان وەفاتیان کردووە. لە کاتی شەهیدبوونی شاسوارەوە تا ١٩٩١ من هەر لە ماڵی بابە جەلال بووم.

لە پێش تێکچوونی دێهاتەکان زۆر جار دەچووینە دێهاتەکان. زۆر جار دەچووین بۆ سەر گۆڕەکەی ئارام لە گوندی تەنگی سەری قەرەداغ. لە ساڵی ١٩٨٨ بە دواوە نەچوومەوە تا راپەڕینەکە.

دوای راپەڕین و کاتێك تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان دامەزرا، من لەگەڵ مامۆستا عوسمان چێوار وەك بێژەری هەواڵی ئینگلیزی کارم دەکرد. ساڵی ١٩٩٣ گەڕامەوە بۆ زانکۆی سلێمانی، لە بەشی پەیوەندییەکان کارم دەکرد بۆ ناساندنی زانکۆی سلێمانی لە دەرەوەی هەرێم. رۆڵێکی زۆرم لەم بارەیەوە بینی. ساڵی ١٩٩٤ چوومە بەشی ئینگلیزیی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سلێمانی، وانەم وتەوە تا ساڵی ١٩٩٦. لە ساڵی ١٩٩٦ تەلەفزیۆنم جێ هێشت، ساڵی ٢٠٠٢ چووم بۆ کەنەدا. لەوێ تا ساڵی ٢٠٠٦ ماجستێرم خوێند. مامۆستای زانکۆ بووم، لە ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشین کرام، بەڵام پێم ناخۆش بوو خانەنشین بم چونکە دەمتوانی زۆرتر خزمەت بکەم. لە ساڵی ٢٠٠٧ وە لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کار دەکەم.

ساڵی ٢٠١٢ چوومەوە بۆ رووسیا بۆ لای براکەم کە نەخۆش بوو. ساڵی ٢٠١٣ یەك جاری تر چوومەوە.

کە دەڕۆمەوە بۆ روسیا زۆر دڵم لای کوردستانە، چونکە کەسە خۆشەویستەکانمی لێیە. کاتێکیش لێرەم بیری روسیا دەکەم، چونکە دایکم و باوکم و کەسوکارمی لێیە. من دوو نیشتمانم هەیە. بنەماڵەی دایك و باوکم و بنەماڵەی بابە جەلال و عەتیە خان بۆ من جیاوازییان نییە.

ئێستا لەگەڵ سوارەی کوڕم پێکەوە دەژین. ساڵی

٢٠٠١ هاوسەرگیریی کردووە و کچە مامی خۆی هێناوە، چوار کوڕی هەیە بە ناوەکانی پۆلا، بەرزی، داستانو ئارام، هەموویانم وەك یەك خۆشدەوێت. هەردوولامان لە خانویەکداین زۆر شادمانین پێکەوە.

من کوردستانم خۆشدەوێت، وەك روسیا وایە لام. چەندە حەز بە باشیی خەڵکی روسیا دەکەم ئەوەندەش حەز بەباشیی خەڵکی کوردستان دەکەم.

دوا قسەم ئەوەیە ئەم دەستکەوتە کە بە خوێنی شەهیدان هاتۆتە دی لە دەستی خۆتانی مەدەنو مێژووی خۆتان لە بیر مەکەن. ئەگەر ئەم حوکمڕانییە خراپیش بێت چاکی بکەن. کاتی خۆی لە ماڵی بابە جەلال هەر کوڕێکی سەر بە حزبێك بوو، بەڵام لەسەر سفرەیەك نانیان دەخوارد. هیوادارم ئێستاش وا بن.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٧/١/٢٠).

## پاشکۆی ژمارە ٢

## ئارام و
## رۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا
## (لێکۆڵینەوە)

**نوسینی: فەرید ئەسەسەرد**

### پێشەکی

ڕێکەوت وای کرد نووسینی ئەم لێکۆڵینەوە شیکارییە هاوکات بێ لەگەڵ یادی ٣٤ ساڵەی شەهید بوونی شاسوار جەلال (ئارام) لە ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٧٨دا. ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران لە چوارچێوەی پڕۆژەی دیکۆمێنتکردنی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەپێی ئەو ئەرکەی کە ماددەی ٦٥ی پەیڕەوی ناوخۆ پێی سپاردووە، هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی ئارامی بۆ چاپ کردن ئامادە کردبوو. وتارە هەڵبژێردراوەکان، پێشتر لە ساڵی ١٩٨٠ لە دووتوێی کتێبێکدا کۆکرابونەوەو وەك سەرەتایەك بۆ بڵاوکردنەوەی تەواوی نووسینەکانی، لە ناوزەنگ چاپ کران.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شیکردنەوەکانیدا زۆرتر پشت ئەستورە بەو هەشت دەقەی کە لە چاپی ساڵی ١٩٨٠ کۆکراونەتەوە. چاپکردنی ئەم کتێبە بۆ جاری دووەم، پاش ٣٢ ساڵ لە بڵاوکردنەوەی، بوو بە دەرفەتێك نەك هەر بۆ ناساندنی کتێبەکە بە خوێنەران، بەڵکو هەروەها بۆ سەرلەنوێ ناساندنەوەی ئارام و شیکردنەوەی میتۆدی بیرکردنەوەی و تاوتوێکردنی رۆڵی لە بزوتنەوەی سیاسیدا. ئەو بۆچونانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا خراونەتە روو، ئازادتر لە بۆچونەکانی پێش خۆیان گوزارشتیان لێ کراوەو مەراقی سەرەکیشیان ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بابەتییانە وێنەی بەسەرهاتەکان بکێشنو وێنایەکی نزیکتر لە واقیع پێشکەش بکەن.

لە مێژوودا روداو هەمیشە وەك روداوێکی نەگۆڕ دەمێنێتەوە، بەڵام جۆری تێڕوانین بۆ روداوەکە هەمیشە جیاواز دەمێنێتەوەو لەم سۆنگەیەوە هەر روداوێك دەشێ بۆچوونی جیاواز لەبارەیەوە پەیدا ببێ. لێرەدا فاکتەری کات رۆڵێکی گرنگی لە پەیدابوونی تێڕوانینی جیاوازدا دەبێو لەم سۆنگەیەوە دەشێ تێڕوانینی بیست ساڵ لەمەوبەر بۆ روداوێکی دیاریکراو، جیاواز بێ لە تێڕوانینی ئەم سەردەمەو دەشێ بیست ساڵی تر تێڕوانینی تر لەبارەیەوە پەیدا ببێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا مێژوو لە دۆخێکی دینامیکیو جوڵادا دەهێڵێتەوەو لەم نێوانەدا کات رۆڵێکی گەورە لە رۆشنکردنەوەی لایەنە شاراوەو باسنەکراوو تەمومژاوییەکاندا دەگێڕێ.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیڕەوی لە میتۆدێکی شیکاری- رەخنەگرانە دەکاو مەبەستێتی هەندێ

مەسەلە دەربارەی کاریگەریی سیاسیی ئارام لە ماوەی نێوان کۆتایی ساڵی ١٩٧٥و سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ بوروژێنیێ، ماوەیەك كە لە مێژووماندا بە هەستیارترین ماوەی جوڵانەوەی سیاسیی کوردایەتی دەژمێردرێ.

**١- دەربارەی مێژوییبونی رۆڵی ئارام**

تا چەند لە توانا دایە رۆڵی ئارام بە ڕۆڵێکی مێژویی بژمێردرێ؟ بۆ ئەوەی بتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، دەبێ پێشەکی ماناو ناوەڕۆکی رۆڵی مێژویی رون بکرێتەوە. رۆڵی مێژویی، هەڵسوڕانێکە چەند مەرجێکی لە خۆ گرتووە لەوانە ئەوەیە کە ئەنجامدەری رۆڵەکە توانیبێتی گۆڕانێکی دیارو بەرچاو بەدەست بێنێ کە ئاسەوارێکی قوڵی لەسەر رەوشی گشتیو چارەنووسو ئایندەی کۆمەڵ هەبێو هەروەها دەبێ کاریگەریی کردەوەو بیروباوەڕی ئەو کەسە روخساری بەردەوامبوونی بۆ ماوەیەکی بەرێژە دورو درێژ پێوە دیار بێ. ئەمە بەم واتایە دێ کە کاریگەریی ئەو کەسە لە ژیاندا، نابێ بە نەمانی فیزیکیی، دەمو دەست لەناو بچێ.

بە ڕەوچاوکردنی ئەم مەرجە پێویستیانەی مێژوویبوونی رۆڵ، ئەو پرسیارە دوبارە دەکەینەوە کە تا چەند لە توانا دایە رۆڵی ئارام بە ڕۆڵێکی مێژوویی بژمێردرێ؟

ژیانی سیاسیی راستەقینەی شاسوار جەلال (ئارام)لە ٦-٧ ساڵ زیاتر نیەو ژیانی وەك رابەرێکی سیاسی دوو ساڵو چەند مانگێکە. هەڵسوڕانی سیاسیی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەردوو باڵی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیو مەکتەبی سیاسییەوەو هەڵسوڕانی گەرمو گوڕی لە ناو یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی دیموکراتی لاوانی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆی نیە. ئەو ٦-٧ ساڵەی کەوتونەتە ماوەی نێوان پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٧١ یان ١٩٧٢ تا شەهیدبونی لە گوندی تەنگیسەر لە قەرەداغ لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا، پوختەی ژیانی سیاسیی پێکدێنن. لەو پوختەیە، ماوەی نێوان کۆتاییی ١٩٧٥و سەرەتای ساڵی ١٩٧٨، ئەو ماوەیە پێکدێنێ کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مێژوی سیاسیی کوردستان پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی چەکدار لە ساڵی ١٩٧٥ بەجێ هێشتووەو ئەم کاریگەرییە، تەنانەت بۆ ماوەی زیاتر لە یەك دەیە، لە دوای شەهیدبونی، بەگەرمو گوڕی مایەوەو تا ئێستاش کاریگەریی ماوە، بەڵام نەك بەو گەرمو گوڕییەی جاران.

لەم سەروبەندەدا بوارێکی فراوان بۆ دانانی رۆڵی بە رۆڵێکی مێژویی لە ئارا دایە. بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوە بۆ هەڵسەنگاندنی رۆڵی ئارام لە ساڵانی ١٩٧٥و ١٩٧٦، تەنها بۆ پێداهەڵگوتن نیە، بەڵکو روخساری مێژوییبوون دەقاو دەق بە ڕۆڵەکەوە نووساوە. ئەم رۆڵە خۆی لە دوو بواری سەرەکیدا دەبینێتەوە. یەکێکیان ئەو رۆڵەیە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦دا گێڕاویەتیو دەشێ لە چوارچێوەی هەڵسوڕانی «کۆمیتەی هەرێمەکان»دا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. ئەوی تر ئەو رۆڵەیە کە لە پێکهێنانی دەستە چەکدارەکاندا لە ناوچەی سلێمانیو لە سەرتاپای پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا دیویەتی.

ساڵی ١٩٧٥ دەزگا ئەمنییەکان گورزێکی کاریگەریان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە وەشاند و بە هۆی ئەمەوە سەرتاپای ستراکتۆری ڕێکخستن دۆخێکی نزیك لە هەڵوەشانەوەو لێك دابڕانی بەخۆوە بینی. شڵەژانی باری ڕێکخستن بەو ئەندازە ترسناکە نیشانی دەدا کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە هیچ نەخشەیەکی بۆ کاتی تەنگانە نەبووە. سەرکردایەتیی

کۆمەڵە لە کۆششێکدا بۆ خۆ دەربازکردن بۆ دەرەوەی وڵات، عیراقی بەجێ هێشت و روویکردە ئێران. بەڵام تۆکمەیی‌و وریایی دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی شا، ئەم هەوڵەی پوچەڵ کردەوە. سەرکردەکانی کۆمەڵە لە ئێران گیران و دەرفەتی دەربازبوونیان نەما. زۆری نەبرد هەمویان رادەستی عیراق کرانەوەو لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵە بە بێ سەرکردایەتی مایەوە.

رۆڵی مێژوویی ئارام لەم بوارەدا لە دوو خاڵ دایە، یەکێکیان ئەوەیە کە سەرکەتوو بوو لە پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی ئەلتەرناتیڤ لە رەوشێکی ئێجگار سەختو دژوارداو دووەمیان لەوە دایە کە فریای شانە پەراگەندەو سەرگەردانەکان کەوت و لە کاتێکی پێوانەییدا ژیانی بە بەر شانە نهێنییەکاندا هێنایەوە، هێزی لەدەستدراوی بۆ کۆمەڵە گێڕایەوەو رێکخستنێکی لەوەی جاران تۆکمەتری داهێنا.

لە رووی بابەتییەوە، ئارام لە رێی بەگەڕخستنی تەواوی وردەکارییە پێویستەکانو بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێشووەوەو بەپشت بەستن بە ویستی مانەوە، زیاتر لە هەر ویستێکی تر، کۆمەڵەیەکی تازەی دروست کردو بەم کارەی، چانسێکی نوێی ژیانەوەی بۆ کۆمەڵە دابین کرد.

ئەم کارە، راستەوخۆ، پەیوەندیی بە مەسەلەیەکی ترەوە هەیە کەپێکهێنانی دەستە چەکدارەکانو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارە. لێرە ئارام ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ کە دەبوایە سەرکردایەتیی پێشووی کۆمەڵە ئەنجامی بدایەو لێرەدا کارەکەی دەبێتە درێــژەدان بە ئەرکێکی مێـژوویی کە لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا هەر دەبوایە جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئەم ئەرکە قورسە بە بێ کۆمەڵەیەکی بەهێز بەرێوە نەدەچوو، بۆیە دەرهێنانی کۆمەڵە لەو تەنگانەیە خۆی لە خۆیدا رێخۆشکردنە بۆ فەراهەمکردنی مەرجەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ناوچەی سلێمانیی‌و گەرمیان. بەم پێیە، داننان بە رۆڵی ئارام لەم قۆناغەدا داننانە بە رۆڵی سەرکردایەتیی ناو وڵات کە توانی بە فریاکەوتنی کۆمەڵە، فریای پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بکەوێ.

**٢- ئایدیۆلۆژیا لە میتۆدی بیرکردنەوەی ئارام دا**

گومان لەوەدا نیە کە ئایدیۆلۆژیا بەسەر بیرکردنەوەی ئارامدا زاڵە. لە سەردەمێکدا کە بە سەردەمی ئایدیۆلۆژیا ناسراوە، ئەمە بە شتێکی نامۆ دانانرێ. شێوەی بیرکردنەوەی ئارام جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەی هەر شۆڕشگێڕێکی تر نیەو لەم روەوە گوتاری سیاسیی زاڵ بەسەر بیرکردنەوەو نووسینەکانیدا گوتارێکی تەقلیدییە کە تێیدا دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم بە چەشنێکی زۆر راشکاوانە گوزارشت لە خۆی دەکا. ئارام لەو بڕوایەدا بوو کە شۆڕشی کورد، لەو روانگەیەوە کە سەرکردایەتییەکەی رێبازێکی پێشکەوتنخوازانەی گرتۆتە بەرو باوەڕی تەواوی بە ستراتیجی دژ بە هێزە ئیمپریالیستەکان هەیە، بەشێکی شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهان پێکدێنێ. ئەم زێدەڕۆییکردنە لە دیاریکردنی روخسارەکانی شۆڕشی کورد رەنگدانەوەی تین و تاوی ئایدیۆلۆژیایە. بە لای ئارامەوە، شکستی شۆڕشی ١٩٦١-١٩٧٥ هەلێکە دەبێ چەپە شۆڕشگێڕەکان بیقۆزنەوە بۆ بانگەشەکردن بۆ جیهانبینیی خۆیانو هەڵگیرساندنی شۆڕشێك کە بتوانێ ئامانجەکانی هەم لە رووی سیاسییەوە بەدی بێنێ، هەم لە رووی کۆمەڵایەتییەوە. کرۆکی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە کورد بە سەرکردایەتییەکی خێڵەکی، ناتوانێ ئامانجەکانی خۆی بپێکێ. بۆیە تیۆرییەکەی ئەو، زۆرتر پشت ئەستور بوو بەوەی کە کورد پێویستی بە شۆڕشێکی شێوە نوێیەو دەبێ کرێکاران و جوتیارانو رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانو

کاسبکاران ڕۆڵی سەرەکیو کاریگەری تێدا بگێڕن.

ئارام لە تەموزی ١٩٧٦، لە دوتوێی وتارێکدا بە ناونیشانی «باری ئێستای کوردستان» کە ناوی خۆی لەسەر دانانەوەو بە ناوی لیژنەی سەرکردایەتیی دەستە چەکدارەکانەوە نووسیویەتی، گوزارشتی لەم بیرۆکەیە کردووە. لەم وتارەدا ئەم چوار چینە بە«چینە چەوساوکان» ناو دەباو بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە بە بێ یەکگرتنی ئەم چوار چینە سەرکەوتنی شۆڕش مەحاڵە .

لە ناوەڕۆکدا، ئەوەی کە لێرە ئارام باسی دەکا هەمان تیۆرییە ماوییەکەیە کە گەل بەسەر چوار چیندا دابەش دەکا، کە بریتین لە کرێکاران، جوتیاران، وردە بورژوازیو بورژوازیی نیشتمانی. وەك سەرنج دەدرێ، لیستەکەی ئارام هیچ جێیەکی بۆ بورژوازیی نیشتمانی نەکردۆتەوە.

پاش ساڵێك، ئارام بە لیستی چینە چەوساوەکاندا دەچێتەوە و بورژوازیی نیشتمانیی بۆ زیاد دەکا. لە ئەیلولی ١٩٧٧ لە دوتوێی وتارێکدا دەربارەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتو شۆڕش، کە لە ڕۆژنامەی «ئاڵای شۆڕش» بڵاوکراوەتەوە، چینە چەوساوەکان بەم جۆرە ریز دەکا کە بریتین لە کرێکاران، جوتیاران، بورژوازیی بچوكو باڵی چەپی بورژوازیی نیشتمانیو لەم سەروبەندەدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە دەکرێ لەم چوار چینە بەرەیەکی یەکگرتوو بە سەرکردایەتیی چینی کرێکارو حزبە پێشڕەوەکەی پێك بێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی قۆناغی شۆڕشی دیموکراتیی گەل .

جیاوازییەك لە نێوان هەردوو لیستدا هەیە. لە لیستی ساڵی ١٩٧٦ ناوی هیچ بورژوازییەك نەهاتووە، نە بورژوازیی بچوكو نە بورژوازیی نیشتمانی، بەڵام بوارێکی زۆر بۆ ژماردنی کاسبکاران بە بورژوازیی بچوك هەیەو ئەمە قەرەبووی ناو نەهێنانی بورژوازیی بچوك دەکا. لێرە تەنها ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان دەمێننەوە، کە لە بنەڕەتدا چین پێك ناهێنن، بەڵکو تاك تاك بەر چەند چینێکی جیاواز دەکەونو بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر چینەکانی تر. لەمڕووەوە تیۆرییەکە پەراوێزێکی فراوانی بۆ فرە ڕەچەڵەکیی ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان هێشتۆتەوە. بەم پێیە، دەشێ ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان بچنەوە سەر کاسبکارانی شارەکان یان جوتیارانی لادێو تەنانەت دەکرێ ریشەی کۆمەڵایەتییان بگەڕێتەوە سەر توێژە دەوڵەمەندەکانیش. ئەمە ئەوە دەردەخا کە ئەم لیستەی ئارام باسی چوار چین ناکا، بەڵکو باسی سێ چینی کۆمەڵایەتی دەکا کە بریتین لە کرێکاران، جوتیاران و وردە بورژوازی. لە ڕووی میتۆدەوە، ناو نەهێنانی بورژوازیی نیشتمانی بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم چینە شایستەی ئەوە نیە کە بخرێتە ریزی چینە شۆڕشگێڕەکانەوە. لە لیستی ساڵی ١٩٧٧دا ئارام بە خۆیدا دەچێتەوە و بورژوازیی نیشتمانی بۆ لیستەکە زیاد دەکا. ئەگەر لە ناوەڕۆکی شێوەی داڕشتنی مەسەلەکە ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئارام لە ساڵی ١٩٧٦یش باوەڕی بەوە هەبووە کە چینی بورژوازیی نیشتمانی هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە تەوژمە شۆڕشگێڕییەکانی ئەم چینە دڵنیا نەبووە، سەرتاپای ڕەت کردۆتەوە. دواتر، ڕەنگە بە هۆی زیادبوونی ڕۆڵی شار لە شۆڕشدا، بە پێویستی زانیوە کە جێیەك بۆ بورژوازیی نیشتمانی لە لیستی چینە شۆڕشگێڕەکان بکاتەوە، بۆیە دەبینین بورژوازیی نیشتمانی بەسەر دوو لەتدا دابەش دەکا، لەتێکیان تەوژمی شۆڕشگێڕانەی زیندوی تێدا دەبینرێو لێی دەوەشێتەوە پێی بوترێ باڵی چەپی بورژوازیی نیشتمانیو ئەوی تر هیچ تەوژمێکی شۆڕشگێڕانەی زیندووی تێدا نابینرێو بەرژەوەندیو چارەنوسو ئایندەی خۆی بە داگیرکەرانەوە بەستۆتەوەو چاوەڕێی

هیچ رۆڵێکی نیشتمانیی لێ ناکرێ. ناوهێنانی باڵی چەپی بورژوازیی نیشتمانی یارمەتیی ئەوەی دا کە لیستە سێ چینیەکە بکرێ بە لیستێکی چوار چینی، کە ئەمەش بە شێوەیەکی باشتر لەگەڵ تیۆرییەکەدا وێك دەهاتەوە.

ئارام پێی وابوو شۆڕشە شێوە نوێکە پێویستی بە حزبێکی پێشڕەوە. وەك هەر شۆڕشگێڕێکی مارکسیستی ئەو سەردەمە، ئارام باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە تێکۆشان حزبی پێشڕەو دروست دەکا و ئەو حزبە دەبێ گوزارشت لەبیروباوەڕی چینی کرێکار بکات و ئەندامەکانی دەبێ «هەڵبژاردەی ئەو کەسانە بن کە هۆشیارترینو پێشکەوتوترینو بەتواناترینو دڵسۆزترینو پاکترین کەسانی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل بن» و لەو بڕوایەدا بوو کە «بەبێ حزبێکی وا، شۆڕش بەئامانج ناگات» .

ئەم خاڵە ئەو پرسیارە دەوروژێنێ کە ئاخۆ ئارام تا چ ئەندازەیەك لە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ماو تسی تۆنگدا بووە؟ لە ڕاستیدا ئارام لەساڵی ١٩٧٥ بەدواوە لە هیچ نووسینێکیدا باسی ماویزم ناکاو ئەوانەی کە دەیناسنو لەگەڵیدا ژیاون شتی وای لێ ناگێڕنەوە کە ببێ بە مایەی ناساندنی وەك ڕۆشنبیرێکی ماوی. بەم پێیە، هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کەئارام لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بە بیروباوەڕ ماوی بووە. بەڵام جەختکردنی لەسەر رۆڵی مێژوویی چینە شۆڕشگێڕەکان لە بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیداو بانگەشەی بۆ یەکگرتنی ئەو چینانە لە ڕێگەی حزبەکانەوە بە شێوەیەکی کاتی لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا، رەنگدانەوەی کاریگەریی ماویزمە لەسەر بیروباوەڕی، چونکە تیۆریی چوار چینە شۆڕشگێڕەکەی گەل تیۆرییەکی بەلشەفییانە نیەو لینین بانگەشەی بۆ نەکردووە. ئەم تیۆرییە ماوتسی تۆنگ دایهێناوە. ئەزمونی چین نیشانی داوە کە کۆمۆنیستەکان بۆ رزگاربوون لە داگیرکەرە ژاپۆنییەکان نەرمییەکی تاکتیکییان نواند کە بووە مایەی رەخساندنی دەرفەت بۆ یەکگرتنی کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمنتانگی بورژوازی لە دژی دوژمنی هاوبەش. کۆمۆنیستەکان تەنانەت پاش دامەزراندنی کۆماری گەلی چینیش باوەڕیان وابوو کە چین هێشتا پێویستی بەهاوپەیمانیی کرێکاران و بورژوازییە، بۆیە بەرەیەکیان لەگەڵ ئەو حزبە بورژوازییانەدا پێکهێنا کە دژایەتیی سۆسیالیزمیان نەدەکردو ئامادەبوون مل بۆ دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان کەچ بکەن.

بانگەشەی ئارام بۆ هەندێ بیروباوەڕی ماویزم بەڵگەی ئەوە نیە کە ماوی بووە، بەڵام ئەمە نیشانی دەدا کە ئارام ئەزمونی چینی تاوتوێ کردووەو نووسینەکانی ماو تسی تۆنگو رابەرە چینییەکانی تری بە وردی خوێندۆتەوە.

ئاشکرایە کە ئارام لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی سیاسییدا وازی لە ماویزم هێناوە، بەڵام وازهێنانی لە بیروباوەڕەکە بە مانای لێ هەڵگەڕانەوە نایە. ئەوەی کە لەگەڵ لۆجیکدا دەگونجێ، ئەوەیە کە ئارام پەیتا پەیتا باوەڕی بە ماویزم لەق بووەو چەند لە ماو دورکەوتۆتەوە، ئەوەندەش وردە وردە زیاتر لە لینین نزیك بۆتەوە. بە وردی دیاریکردنی کاتی وازهێنانی لە ماویزم کارێکی زەحمەتە. بەڵام دەتوانرێ بە بەڵگەوە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە تا ساڵی ١٩٧٢ خۆی بە ماوی، یاخود لانی کەم بە هاوسۆزی ماویزم، داناوە. لەو پەنجا وتارەی کە بە ناوێکی خوازراوەوە لە رۆژنامەی «هاوکاری» بڵاوی کردۆتەوە، لە یەکێکیاندا کە مێژووی بۆ ساڵی ١٩٧٢ دەگەڕێتەوە، ناوی ماو تسی تۆنگ دێنێو پەرەگرافێکیش لە وتەکانی ماو کە مێژووی دەچێتەوە سەر ساڵی ١٩٥٧، وەردەگرێ. وتارەکە ئاسەواری

ماویزمی بە ئاشکرا پێوە دیارە. لە دوتوێی وتارەکەدا، کە تایبەتە بەسەردانی سەرۆکی ئەمریکا ریچارد نیکسن بۆ چین، زۆر بە شان و باڵی چین هەڵدەدا و ریزێکی زۆر بۆ دکتاتۆریای کرێکاران نیشان دەدا. لە هەموی سەرنجراکێشتر ئەوەیە کە لەم وتارەدا دەستەواژەی «بیروباوەڕی ماو تسی تۆنگ»ی بەکارهێناوە کە دەستەواژەیەکە تەنها ماوییەکان بەکاری دێنن و بە هۆیەوە ماویزم دەکەن بە هاوتای مارکسیزمو لینینیزم، هەروەك ماو تسی تۆنگ لە رێی ئەو بیروباوەڕەوە وەك درێژەپێدەرو نۆژەنکەرەوەو پەرەپێدەری مارکسیزم- لینینیزم دەخەنە ریزی پێنج رابەرە جیهانییەکەی کرێکاران کە ئەمانەن: مارکس، ئەنگلس، لینین، ستالین و ماو تسی تۆنگ. ئەمە بەم مانایە دێ کە گەشتی دورکەتنەوەی پەیتا پەیتای ئارام لە ماویزم، پاش ئەم وتارە دەستی پێکردووە، بەڵام زەحمەتە بتوانرێ ئەوە دیاری بکرێ کە چەند پاش ئەم وتارە، وازی لە ماویزم هێناوە. زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کە دەشێ ئەم ماوەیە کەوتبێتە نێوان ١٩٧٣و ١٩٧٥. دەبێ ئەوەش رەچاو بکرێ، کە وازهێنانی لە ماویزم بەم مانایە نیە کە ئەم بیروباوەڕە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی بەجێ نەهێشتووە.

کاریگەریی ماویزم لەسەر بیروبۆچوونی ئارام پاش ساڵی ١٩٧٥ لەوەدا دەردەکەوێ کە ئارام لە هەندێ لە نووسینەکانی، ئەو دەستەواژانەی بەکار هێناوە کە تەنها ماوییەکان بەکاری دێنن، لەوانە دەستەواژەی «ریڤیژیونیزم» کە ئاماژەیە بۆ لادان لە مارکسیزم.

وازهێنانی لە ماویزم، بەو مانایە دێ کە ئارام ماوی لە پلەیەکی نزمتر داناوەو وازی لەوە هێناوە کە ماو بەسەرچاوەی ئایدیۆلۆژیی خۆیو چین وەك سەنتەری شۆڕشی جیهانیو مۆدێلی سۆسیالیزمی داواکراوی خۆی بزانێ. وازهێنانەکە لە گەوهەردا گەڕانەوە بوو بۆ لای لینینو لەم سەروبەندەدا لینینی کردەوە بە سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیی خۆیو دژی گۆڕینەوەی لینین بە ماو وەستاوەتەوە. ئەگەر بچینەوە سەر رۆژنامەی «ئاڵای شۆڕش» دەبینین ئارام لە دوتوێی نمایشکردنی کتێبەکەی «دەوڵەتو شۆڕش»ی لینیندا، بەوپەڕی رێزەوە ناوی لینین دێنێو بە شێوەی «لینینی مەزن، بلیمەتو پێشەوای پرۆلیتاریای جیهانو سەرکردەی یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیستیو دامەزرێنەری یەکەمین دەوڵەتی سۆسیالیست لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پرۆلیتاریادا لە جیهاندا..» بە خوێنەری دەناسێنێ، لە کاتێکدا بە یەك تاکە وشە ناوی ماو ناهێنێ و ئاماژە بە هیچ نووسینو وتەیەکی ناکا.

نمایشکردنی مەسەلەکە بەم شێوەیە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ راستییەکی ئاماژە پێنەکراو لە بەردەمماندا قوت دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵەی سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکان لە بیروباوەڕو بۆچوونی ئایدیۆلۆژیدا تەواو جیاوازە لە کۆمەڵەی پێش سەردەمی پەیدابوونی کۆمیتەی هەرێمەکان. بە واتایەکی راشکاوتر، ئەمە جیاوازییەکی بنچینەیی لە پەیکەری ئایدیۆلۆژیادا، لە نێوان رەوتی ئارام و رەوتی شەهاب شێخ نوری، پیشان دەدا.

کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠دا وەك رێکخراوێکی شۆڕشگێری ماوی دامەزراو هەر وا مایەوە تا کۆمیتەی هەرێمەکان داهات و رابەڕایەتیی کۆمەڵەی کرد. لێرە بەدواوە ناتوانرێ کۆمەڵە وەك رێکخراوێکی ماوی بناسرێ، چونکە ئارام تەواوی پەیکەری ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵەی گۆڕی و هەنگاوێکی هەراوی بۆ رزگارکردنی کۆمەڵە لە داخرانو بیروبۆچونی توند هەڵهێنا. ئەمەش یارمەتیی پەیدابوونی کۆمەڵەیەکی کراوەتر و دینامیکیتری دا.

دیاریکردنی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە لە

قۆناغی پێش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکانو وردتر لە سەردەمی باڵادەستیی رەوتی ماویزم لە ماوەی نێوان ١٩٧٠و کۆتایی ١٩٧٥، هەندێ دژواریی دێتە بەر رێ. سەرەڕای ئەوەی کە هیچ گومان لە ماویبوونی کۆمەڵە لەو قۆناغەدا نیە، بەتایبەتی کە ئەندامە دێرینەکانی ئەم رێکخراوە لە لێدوانو نووسین و گێڕانەوەی یاداشتەکانیاندا نکوڵی لەم مەسەلەیە ناکەن، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بۆ ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە پشت بە دیکۆمێنتی یەکلاکەرەوە ببەستین، رەنگە روبەڕوی هەندێ ئاستەنگ ببینەوە، چونکە لەو ماوەیەدا کۆمەڵە ئەوەندەی وەك گروپێکی نهێنی هەڵسوڕاوە ئەوەندە وەك حزبێکی سیاسی هەڵنەسوڕاوە و ئەوەندەی کە بایەخی بە پتەوکردنی ستراکتۆری رێکخراوەیی داوە ئەوەندە بایەخی بە خۆناساندن و خۆ ئاشکراکردن نەداوە. ئەمەش وای کردووە کەمترین دیکۆمێنتی نوسراوی ئەو سەردەمەمان چنگ کەوێ. دیارە دەتوانرێ لەم مەسەلەیەدا پشت بەو ژمارە کەمەی دیکۆمێنتە نووسراوە پارێزراوەکانی کۆمەڵە ببەستین کە لەبەر دەستدانو بڕیار لەسەر میتۆدی بیرکردنەوەی کۆمەڵە بدەین، بەڵام ئەو هەڵسەنگاندنەی کە لەم تاوتوێکردنە بەدەست دێ، بەدڵنیاییەوە ناتەواو دەردەچێ چونکە ناتوانین پشت بە دیکۆمێنتە رەسەنە بنچینەیی یەکانی وەك بڕیارەکانی کۆنگرەو بەیاننامەی دامەزراندنو ناوەڕۆکی وتارەکانی ئۆرگانی ناوەندی ببەستین.

کۆمەڵە لە هەلومەرجێکی نائاساییدا دامەزرا و ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندنێك بۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی باڵی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٧١بکەین، دەبێ وای بۆ بچین کە ئەم بڕیارە رەنگدانەوەی بەزینی چەپی کوردە لەو قۆناغەدا، بۆیە پێداگرتن لەسەر پرنسیپی بەنهێنی کارکردن لەو ماوەیەداو ئاشکرا نەکردنی هەڵسوڕانی رێکخراوەیی، وەك مەراقێکی سەرەکی مایەوە. لە ناو چینی رۆشنبیردا ئەندامەکان وەك لایەنگری رەوتێکی فیکریی نارێکخراو گوزارشتیان لە خۆیان دەکرد، نەك وەك گروپێکی رێکخراوی خاوەن بەرنامەو سەرکردایەتی. ئێمە لەم قۆناغەدا، بۆ ناسینی شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵە، ناتوانین پشت بە بەیاننامەی دامەزراندن ببەستین، چونکە کۆمەڵە لە بنەڕەتدا هیچ بەیاننامەیەکی دامەزراندنی نیە، هەروەها هیچ کۆنگرەیەکیشی نەبەستووەو هیچ کۆبونەوەیەکی فراوانیشی بەنهێنی رێك نەخستووەو لەم سۆنگەیەوە دیکۆمێنتی کۆنگرەی نیە. ئەمە بۆ ماوەی ١١ ساڵ کۆمەڵەی بەبێ دامەزراوەی سەرکردایەتی هێشتەوە.

لەو سێ ژمارەیەی رۆژنامەی «ئاڵای سوور» کە کۆمەڵە لەساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ لە کەرکوك دەری کردووە، هیچ ژمارەیەك چنگ ناکەوێ.

بەڵام بە پشت بەستن بە دەقە پارێزراوەکانی ئەو سەردەمەو بەوردبونەوە لە بەرنامەی پەروەردەکردنی ئەندامان لە ئەڵقە رۆشنبیرییەکان، کە ئەندامان تێیدا ئاشنای بیروباوەڕی ماویزم دەکران، دەردەکەوێ کە کۆمەڵەی پێش پەیدابوونی کۆمیتەی هەرێمەکان رەنگێکی ماویستیی تەواوی هەبوو، هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی خۆی لە خۆیدا ناوێکی ماویستییە، چونکە لەو سەردەمەدا حزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە پەکین بۆ خۆجیاکردنەوە لە حزبە، کۆمۆنیستەکانی سەر بەمۆسکۆو وەك گوزارشتێك لە داننەنان بە مارکسیستی بوونی ئەو حزبانە، دەستەواژەی مارکسی- لینینییان بۆ خۆیان بەکار دەهێنا.

گومان لەوەدا نیە کە هەردوو رەوت لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیادا بوونو لەسەر زۆر شت هاوڕا بوون، بەڵام لە وردەکارییەکاندا هاوڕا نەبوون.

هەردووکیان لەسەر ئەوە یەکدەنگ بون کە ڕوسەکان شایستەی ڕەخنە لێگرتنن، چونکە لە جێبەجێکردنی ئەرکە شۆڕشگێڕییە جیهانییەکانیان کەمتەرخەمن و بەرژەوەندییە ماددییەکانیان خستۆتە سەرووی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە. لەم نێوانەدا ڕەوتی شەهاب شێخ نوری تەنها بەوە دانەکەوت کە ڕەخنە لە سیاسەتی روس بگرێ، بەڵکو بە هەمان پێوادنگی نۆڕینی پەکین، پێی وابوو یەکێتیی سۆڤێت لەوە تێپەڕیوە کە بەدەوڵەتێکی سۆسیالیست بژمێردرێ و لە هەڵسوڕاندا وەك دەوڵەتێکی سۆسیال - ئیمپریالیست هەڵسوکەوت دەکاو بە پێودانگی تیۆرییەکەی چارل باتلهایم لەو بڕوایەدا بوو کە یەکێتیی سۆڤێت بە ناو دەوڵەتێکی سۆسیالیستە و بە ناوەڕۆك سەرمایەدارییە. ڕەوتی ئارام سەرەڕای سەرزەنشتکردنی سیاسەتی مۆسکۆ، ڕەخنەکانی نەگەیاندە ئەو رادەیەی کە یەکێتیی سۆڤێت بە سۆسیال - ئیمپریالیست و سەرمایەدار بناسێنێ.

کۆمەڵەی پێش کۆمیتەی هەرێمەکان، ماوی وەك تیۆریسێنی مارکسیزمی سەردەمی رووخانی ئیمپریالیزم دەناساندو ئەزمونی چینی وەك ئەزمونێکی جیهانیی شایستەی چاولێکردنو لاسایی هەڵدەسەنگاند. بەلای ڕەوتی ئارامەوە، ماو وەك سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ شایستەی ڕێزلێنانە، بەڵام زێدەڕۆییکردن لە کاریگەریی رۆڵی جیهانییو گەورەکردنی بەو ئەندازەیەی کە شان لە شانی مارکسو لینین بدا، خزمەت بە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی ناکا. هەر بەو پێودانگەش باوەڕی وابوو کە ئەزمونی چین ئەزمونێکی جیهانی نیەو دەکرێ وەك ئەزمونێکی لۆکال کەڵکی لێ وەربگیرێ.

سەبارەت بە هەڵوێست لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق، پێناچێ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە هەڵوێستیان هەبووبێ. هەردووکیان پێیان وابوو حزبی کۆمۆنیستی عیراق لە مارکسیزم لایداوەو چیتر ناتوانێ نوێنەرایەتیی چینی کرێکاری عیراق بکات. بەلای ئارامەوە، هەڵسوکەوت و سیاسەتی چەوتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، سەرباری ئەوەی کە گرفتێکی زۆری بۆ خودی حزبەکە دروست کردووە، بیروباوەڕی مارکسیزمی بەدناو کردووەو بۆتە هۆی تەگەرەدان لە بڵاوبونەوەی بیروباوەڕەکە لە ناو جەماوەر . ئەم بۆچوونە لە بۆچوونی کۆمەڵەی پێش کۆمیتەی هەرێمەکان جیاوازە، چونکە تا ساڵی ١٩٧٥ ئەو تیۆرییە لە ناو کۆمەڵەدا باو بوو کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە سەرچاوە ئیلهامبەخشەکەیەوە (واتە یەکێتیی سۆڤێت) چیتر توانای نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی چینی کرێکاری نەماوە، بەڵام ئارام یەکێتیی سۆڤێت و پارتی کۆمۆنیستی عیراقی لێك جیا دەکردەوەو ئەو تێکەڵکردنەی بە پێویست نەدەزانی.

مایەی تێڕامانە کە ئارام لە نووسینەکانیدا هەرگیز وشەی «کۆمۆنیزم»ی بەکار نەهێناوەو هەمیشە کە باسی کۆمۆنیزمی کردووە بە شێوەی مارکسیزم- لینینیزم و کەباسی کۆمەڵەی کردووە بە مارکسیست- لینینست گوزارشتی لێ کردووە. یەکێ لەگرنگترین هۆکاری ئەم هەڵوێستەی ئەوەیە کە دەستەواژەی «کۆمۆنیزم» لەبەر ڕەفتاری چەوتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق باقو بریقی جارانی لەدەست دابوو و کەڵکی ئەوەی تێدا نەمابوو کە شانازیی پێوە بکرێ. لەنووسینەکانیدا کەباسی گروپە کۆمۆنیستەکانی تری عیراق دەکا، ئارام بە شێوەی «ڕێکخراوو گروپو دەستەو کەسانی مارکسی- لینینی» ئاماژەیان بۆ دەکاو وای دادەنێ کە یەکێ لە ئەرکە گرنگەکانی ڕۆژنامەی «ئاڵای شۆڕش» خۆی لە وەدیهێنانی یەکێتیی خەباتی مارکسییە - لینینییەکانی عیراقدا دەبینێتەوە. وەك ناوەڕۆکی رستەکە دەری بڕیوە، ئەو لێرەدا پارتی کۆمۆنیستی عیراق ناخانە ریزی گروپە

مارکسیست ـ لینینیستەکانەوە.

فاکتەرێك هەیە رەنگە رۆڵێکی دیاری لە گەڵاڵەکردنی بۆچوونەکانی ئارام سەبارەت بە سۆسیالیزمی سۆڤێتی هەبووبێ، ئەویش ئەوەیە کە ئارام سێ جار لە ساڵانی ١٩٦٩و ١٩٧٠و ١٩٧٢دا، سەردانی روسیای کردووە. ئەم سێ سەردانە سۆسیالیزمی سۆڤێتییان بە ئارام ناساند. ئەگەرچی پێناچێ سەرسام بووبێ بەو سۆسیالیزمە، بەڵام ئەو سەردانانە ئەوەیان لای چەسپاند کە ئەو سیستمە ئابورییە- کۆمەڵایەتییەی کە روسەکان وەك ئەزمونێکی سۆسیالیستی دایانمەزراندووە، هەر ئەوەندەی لێ هەڵدەکرێندرێ کە توانیویانە ئەنجامی بدەن. رەخنەکانی لەو سیستمە ئابورییە ـ کۆمەڵایەتییە بە قەد رەخنەکانی شەهاب شێخ نوری توند نەبوونو وایان لێ نەکرد بەرگی سۆسالیستیبوون لە سیستمەکە دابماڵێ. شەهاب شێخ نوری روسیای نەدی بوو، بۆیە بە ئاسانی باوەڕەی بەوە هێنا کە ئەوەی لە ڕوسیا هەیە، سۆسیالیزم نیە، سەرمایەدارییە لە بەرگی سۆسیالیزمدا. خودی ئارام نکوڵیی لە کەموکوڕییەکانی سۆسیالیزمی سۆڤێتی نەدەکرد، بەڵام زۆریی کەموکوڕییەکانی نەکردە پێوەر بۆ داماڵینی روخساری سۆسیالیستی لە یەکێتیی سۆڤێت.

دەکرێ هۆیەکی تریش بۆ میانڕەویی نۆڕینەکەی ئارام بۆ یەکێتیی سۆڤێت بدۆزینەوە، ئەویش ئەوەیە کە هاوسەرەکەی، خانم لیدیا ئیڤانۆڤنا، بە ڕەگەز روسییەو ئەگەری ئەوەی کە ڕۆڵی هەبووبێ لە ڕاستکردنەوەی هەندێ لە بۆچوونە چەوتەکانی دەربارەی شێوەی ژیان لە یەکێتیی سۆڤێت، ئەگەرێکی دوور نیە.

ئەوەی کە لەم بوارەدا کۆدەنگیی لەسەر هەیە، ئەوەیە کە کاروانی دورکەوتنەوەی کۆمەڵە لە ماویزم لە سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکاندا دەستی پێ کردووە. لەم روەوە دوورخستنەوەی کۆمەڵە لە ماویزم بە سێ وێستگەدا تێپەڕیوە. وێستگەی یەکەم وێستگەی کۆمیتەی هەرێمەکانە کە ئارام تێیدا دەستێکی باڵای هەیە. وێستگەی دووەم کۆبوونەوەی کۆتایی ی ساڵی ١٩٧٨ی کادیرانە لە گوندی شێنێ کەتێیدا بڕیار درا ماویزم وەك ئەزمونێکی لۆکال، نەك وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئایدیۆلۆژیا، سودی لێ وەربگیرێ. وێستگەی سێیەم بەستنی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٨١ کە تێیدا بڕیارەکانی کۆبوونەوەی شێنێ شەرعیەتی تەواویان بەدەست هێنا. لە وێستگەی دووەم و سێیەمدا رۆڵی سەرەکی، زۆرتر بۆ نەوشیروان مستەفا دەگەڕێتەوە.

**٣-پێویستیی رۆژنامەی ناوەندی**

پێداگرتنی ئارام لەسەر پێویستیبوونی رۆژنامەیەکی ناوەندی بۆ کۆمەڵە مایەی تێڕامانە. پێداگرتنی، بەو توندوتۆڵییە، لەسەر ئەم مەسەلەیە نیشانەی درککردنە بە کاریگەریی وشەی نووسراو لەسەر ویژدانی تێکۆشەرو رەوتی خەبات. بە بەراورد، ئەو باشتر درکی بە بایەخی رۆژنامەی ناوەندی کردبوو. هاندەر بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە کۆمەڵە لەماوەی پێنج ساڵداو لە هەلومەرجێکدا کە دژوارییەکانی هیچ کات نەگەیشتوونەتە ئەو دژوارییانەی کە لە سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکاندا لە بەردەم کۆمەڵەدا قوت بوونەوە، تەنها سێ ژمارەی لە رۆژنامەی «ئاڵای سور»دەرکردووە، لە کاتێکدا ئارام پاش گواستنەوەی سەنتەری هەڵسوڕانی، لە شارەوە بۆ لادێ، لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٦، پاش یانزە مانگ، یەکەم ژمارەی «ئاڵای شۆڕش»ی دەرکرد و کاتێکیش لە کۆتایی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ شەهید بوو، ژمارە دووی رۆژنامەکە لە جانتاکەیدا ئامادە بوو بۆ چاپ.

بە لای ئارامەوە یەکێ لە ئامرازە کاریگەرەکانی

یەکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕان، ڕۆژنامەی ناوەندییە. ئەمەش لە ناوەڕۆکدا بیرۆکەیەکی تەواو لینینیستییە. لینین پێی وابوو شۆڕشگێڕان پێویستیان بە ئامرازێکە بۆ پتەوکردنی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژییانو قوڵ کردنەوەی هۆشیاریی چینایەتییان. لەو سەردەمەدا لینین ئەو ئامرازەی لەشێوەی ڕۆژنامەدا بینیوە. لێرە ئارام هەمان ئەم بیرۆکەیە دوبارە دەکاتەوە. ئەگەر بەوردی ئەو وتارەی ڕۆژنامەی «ئاڵای شۆڕش» بخوێنینەوە کە لە ژێر سەردێری «خەباتی ئاڵای شۆڕش» نوسیویەتی، دەمو دەست هەست بەوە دەکەین کە ئارام زۆر دڵی بەو ڕۆژنامەیە خۆشەو هیوایەکی زۆری لەسەر هەڵچنیوەو لەو بڕوایە دایە، کە ئەرکی سەر شانی ئەم ڕۆژنامەیە، کەمتر نیە لە ئەرکی رزگارکردنی نیشتمان لەداگیرکەر.

لەم مەسەلەیەدا، شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵە زۆرتر سەرسامبوون بە ڕۆژنامە چەپەکەی «هەدەف» (الهدف) کە بەرەی رزگاریی گەلی فەلەستین بە سەرۆکایەتیی جۆرج حەبەش دەری دەکردو هەمو ئاواتیان ئەوە بوو شۆڕشگێڕانی کورد بگەنە ئەو ئاستەی کە لە ڕاگەیاندندا بڵاوکراوەیەکی وەك ئەوەی ڕێکخراوەکەی جۆرج حەبەش دەرکەن. گومان لەوەدا نیە، کەئەگەر «ئاڵای شۆڕش» لەسەر دەستی ئارام بەردەوام بوایە، دەیتوانی بەشێکی زۆر لەو ئەرکە بەدی بێنێ کە ئومێدی بەدیهێنانی هەبوو. بەڵام مەرگی ناوادەی، ئەم ئاواتەی لەبار برد.

### ٤- مەسەلەی نیشتمانی

ئەگەرچی ئارام بە چاویلکەی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکان تەماشای مەسەلەی نەتەوایەتیی دەکرد بەڵام پێی وا نەبوو شۆڕشگێڕی مارکسیست دەبێ کۆسمۆپۆلیت بێ و هەستی نەتەوایەتی بە یەکجارەکی لە خۆی دابماڵێ. وردتر، پێی وابوو ئەگەر مارکسیستەکان رابەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی بکەن، هەم ئەرکی نیشتمانیی خۆیان جێبەجێ دەکەن، هەم خزمەتێکی گەورە بە بزوتنەوەی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان دەگەیەنن. لەم سۆنگەیەوە، لەو بڕوایەدا بوو کە پەراوێزێك هەیە، تێیدا دەتوانرێ، فاکتەری نیشتمانیو فاکتەری چینایەتی تێکهەڵکێشی یەکتری بکرێن.

بەڵام دیدی ئارام بۆ دیموکراسی جیاوازە لەو دیدەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا باوە. ئەو، وەك شۆڕشگێڕێکی مارکسیست، روخسارێکی چینایەتیی بە دیموکراسی دەبەخشی. لەم سەروبەندەدا ئەگەر بچینە سەر ئەو وتارەی کە تێیدا ئەندێشەکانی کتێبی «دەوڵەتو شۆڕش»ی لینینی شیکردۆتەوە، شتێکی وا لە خوێندنەوەی هەڵدەکرێنین کە ئارام باوەڕی بە دیموکراسیی چوار چینە شۆڕشگێڕەکە هەیەو وای دەبینێ کەمەرجی سەرکەوتنی ئەو دیموکراسییە ئەوەیە کە چینی کرێکار رابەرایەتیی بکا. بۆیە کە داڵغە بە رژێمی سیاسیی داهاتوی عیراق لێدەدا، وای دەهاتە بەرچاو کە رژێمی داهاتوو، رژێمی دیموکراتی چوار چینە شۆڕشگێرەکەیە بە ڕابەرایەتیی چینی کرێکار، کە دیموکراسیی راستەقینە بۆ عیراق و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد دابین دەکات.

بە پێوەرەکانی ئەو سەردەمە، ئەم بۆچوونانە لە ناوەندە شۆڕشگێڕە مارکسیستەکان شتێکی ئاساین. دەبێ لەم بوارەدا ئەوەش لەبەرچاو بێ کە ئارام نە باوەڕی بە لیبرالیزم هەبووەو نە پشتگیریی لە دیموکراسیی بورژوازی کردووە. ئەو وەك هەر شۆڕشگێڕێکی مارکسیستی ئەو سەردەمە، لەو بڕوایەدا بوو، کە دیموکراسیی ڕۆژئاوایی دیموکراسییەکی درۆزنانەیەو چینە هەژارەکانی پێ تەفرە دەدرێو تەواو لەو بڕوایەدا بوو، کە ئەم دیموکراسییە، دیموکراسیی دەوڵەمەندەکانە. ئەو دیموکراسییەی ئەو باوەڕەی پێ بوو، دیموکراسیی چینە هەژارەکان بوو. ئەم بۆچوونە بە

ڕادەیەك بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵە، کە وای بۆ دەچوو، مادام دیموکراسیی لیبرال بەرهەمی سەرمایەدارییە، لە ئامرازێکی بورژوازی بۆ چەوساندنەوەی کرێکارانو زەحمەتکێشان بەولاوە هیچی تر نیە.

دیدی ئارام بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عیراقدا، لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، دیدێکی پێشکەوتوو بوو. زۆرتر جەختی دەکردە سەر تێزی مافی چارەی خۆنوسین، بەڵام ئەمە نیوەی راستییەکەیە. نیوەکەی تر ئەوەیە کە ئارام بە دوو شێوە باسی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی کردووە. لەو دیکۆمێنتانەی کە بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە راگەیەنراوەکەی ئەیلولی ١٩٧٦ کە بە ناوی دەستەی دامەزرێنەرەوە دەرچووە، هیچ باسی مافی چارەی خۆنوسینی نەکردووە و زۆرتر پابەند بووە بە سیاسەتی راگەیەندراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو دروشمە سەرەکییەکەی کە داوای دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کورد دەکا. بەڵام لەو نووسینانەی کە بە ناوی کۆمەڵەوە بڵاوی کردوونەتەوە، باسی مافی چارەی خۆنووسین دەکا. بەرچاوترین خاڵ لەم مەسەلەیەدا، ئەوەیە، کە ئارام پێی وابوو مافی چارەی خۆنووسین تەنها لەو کاتەدا داوا دەکرێ و بەدەست دێ کە رژێمی عیراق بڕوخێ و عیراقێکی نوێ، بەڕابەرایەتیی چینی کرێکار، پێکەوە بنرێ و لە سایەی ئەو عیراقەدا کورد مافی چارەی خۆنووسین بەدەست دێنێ . باوەڕی تەواوی بەم بۆچوونە، هانیدا زۆر جەخت بکاتە سەر یەکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عیراق و روخاندنی رژێمی دەسەڵاتدار و لەم سەروبەندەدا هاوکێشەکە، لە لای ئەو، بەو جۆرە بوو کە بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین لە ڕێی روخاندنی رژێمی عیراق و هاتنە سەر کاری رژێمێکی شۆڕشگێڕەوە دەبێ. دیارە زاڵیی ئایدیۆلۆژیا بەسەر ئەم بیرۆکەیەدا، ئەوەندە روونە، کە پێویست بەڕاڤەکردنێکی زۆر ناکا.

ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە، لە گەوهەردا، مەسەلەیەکی تیۆرییە، بەڵام پێداگرتن لەسەر بەستنەوەی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین بە ڕوخانی رژێمی بورژوازیو هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانەوە، قورسکردنی ئەرکی شۆڕشگێڕانی کوردە بەخۆڕایی. بە کردەوەش بەو مانایە دێ کە نابێ مافی چارەی خۆنووسین لە ڕژێمە دکتاتۆرەکان داوا بکرێ، چونکە ئەو رژێمانە هەر لە بنەڕەتدا دان بە مافی چارەی خۆنووسیندا نانێن و تەنها یەك ڕێگای بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە دیاری کردووە، کە ڕێگای روخاندنی رژێمە دکتاتۆرەکانە.

لە مەسەلەی نیشتمانیدا، ئارام لەو بڕوایەدا بوو کە ئەرکەکەی، تەواوکردنی ئەو ئەرکەیە کە شەهاب شێخ نوری دەستی پێ کردبوو و تەواوی نەکردبوو. سیاسەتەکەی لەم روەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیاسەتی سەرکردایەتیی پێشووی کۆمەڵەدا نیە، بەتایبەتی سەبارەت بە هەوڵدان بۆ کردنی کۆمەڵە بە فاکتەرێکی کاراو کاریگەر لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کە تازە لە سوریا پێك هێنرا بوو.

ئارام زۆر دڵی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆش بوو. سەرباری ئەوەی کە وەك نیشتمانپەروەرێك، ڕێکخراوە نیمچە بەرەیی یەکەی بۆ کۆکردنەوەو بەگەڕخستنی تێکۆشەران بەلاوە پەسند بوو، لەو بڕوایەشدا بوو کە یەکێتی چەترێکی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵە دابین دەکاو ئەو دەرفەتەشی پێ دەبەخشێ، کە کار بۆ بەدیهێنانی پارتی پێشڕەو بکا.

ئەگەر بە تەنها لە ڕوانگەی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە سەیری ئەندامێتیی کۆمەڵە لە ناو یەکێتی بکەین، دەبێ بچینە سەر ئەو باوەڕەی،

که ئەم ئەندامێتییە، چارەسەری ئەو گرفتەی بۆ کۆمەڵە دەکرد کە هەموو گروپە چەپە شۆڕشگێڕەکان لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا تووشی بون، ئەویش نەسازانی سەرخانی ئایدیۆلۆژیو ژێرخانی کۆمەڵایەتییە، بە هۆی پێشکەوتویی لە بواری ئایدیۆلۆژیاداو دواکەوتوویی لە بواری کەلتورو هۆشیاریی چینایەتیدا.

ئارام ئەم گرفتەی بەهەند وەرگرتبوو. ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێ ئەوەیە کە بەشێك لە نووسینەکانی، نیگەرانییەکی زۆریان لەم روەوە لێ دەچۆڕێ . زوو هەستکردنی بە دژواریی گەشەکردنی بیروباوەڕێکی شاریی وەك مارکسیزم لە ژینگەیەکی لادێیی دواکەوتوودا، مایەی سەرنجە. پوختەی بۆچوونەکەی بەم جۆرەیە کە لە سۆنگەی نزمیی هۆشیاریی سیاسیو نزمیی ئاستی زانستییەوە بیروباوەڕێکی نامۆو ئاڵۆزی وەك مارکسیزم بە ئاسانی لە لادێ بڵاو نابێتەوە. یەکەم ئاماژە بۆ ئەم نیگەرانییە لەو ڕێنماییانەدا دەبینرێ کە لەئەیلولی ١٩٧٦دا لە ژێر ناونیشانی «ئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا» بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە دەری کردوون و تێیدا باس لەوە دەکا کە ئاشکراکردنی روخساری مارکسییانەی جوڵانەوەکە دەشێ هەندێ گرفتی لێ بکەوێتەوە .

ئەم نیگەرانییە لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو هانا بردن بۆ لادێ سەری دەرهێنا و دوای ئارامیش هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئارام هیچ پێشنیاری دیاریکراوی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، جگە لە خۆ ئاشکرا نەکردن، پێ نەبوو. شاردنەوەی روخساری ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە، کارێکی سەخت بوو، چونکە روخسارە ئایدیۆلۆژییەکە زۆر بە ڕونی بە ناوەکەیەوە دیار بوو. رەنگە ئارام ناوی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانی بە دڵ نەبووبێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کە بیری لە ئەلتەرناتیڤێك کردبێتەوەو لە ڕاستیدا، لەبەر زوو شەهیدبوونی، پاش کەمتر لە دوو ساڵ پێشمەرگایەتی، فریا نەکەوت بیر لە ئەلتەرناتیڤێك بکاتەوە. خۆ رزگارکردن لەم کێشەیە، پاش ئارام ساڵێك زیاتری خایاند. لەکۆتایی ی ١٩٧٨دا بیرکردنەوە لە گۆڕینی ناوی کۆمەڵە هەنگاوی گرنگی بۆ پێشەوە ناو بۆ ساڵی دواتر ناوەکە بە شێوەیەکی فەرمی کرا بە کۆمەڵەی رەنجدەران، کە ئەمەش پەراوێزێکی فراوانتری مانۆری سیاسیی بۆ شۆڕشگێڕانی کۆمەڵە رەخساند.

ستراتیجی ئارام لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا هەمان ئەو ستراتیجەیە کە لە نەخشەی ساڵی ١٩٧٦ی «رزگـــاری»ی تاڵەبانیدا باس کراوە. لە دروستکردنی یەکە چەکدارەکاندا، ئارام بە شێوەیەك هەڵسوکەوتی کرد، کە شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ، کە ویستویەتی شار ملکەچی لادێ نەبێ. لە باری سەرنجی مێژووییەوە، باوەڕی وابوو خەباتی لادێ لە قۆناغێکی کاتی بەولاوە هیچی تر نیە و لە کۆتاییدا دەستپێشخەری هەر دەبێ بۆ شار بگەڕێتەوە. ئەم بیرۆکەیە کە بەدڵنیایی یەوە دوورە لە سوکایەتیکردن بە لادێ، رەنگدانەوەی گواستنەوەی ئایدیۆلۆژیایەکی شارییە بۆ ژینگەیەکی ناشاری و ناتەبا لەگەڵ شاردا. ئارام، وەك شارییەك، نەیدەویست شار بە لادێ بگۆڕێتەوە، بەڵام لە هەلومەرجی ئەو کاتەی کوردستاندا، هەر هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی هێز، بەبێ کۆنترۆڵکردنی لادێ نەدەهاتە دی.

ئارام زۆربەی دەستە چەکدارەکانی لە خەڵکی شارەکان دروست کردو بۆ ناوچە لادێ نشینەکانی نارد. ستراتیجەکەی، پشت ئەستوور بوو بە شەڕی پارتیزانی، وەك قۆناغی سەرەتایی ی جەنگێکی درێژخایەن. لەم روەوە نەیدەویست شۆڕشەکە ببێ بە

بزوتنەوەیەکی یاخیبوونی خێڵەکی. لە ڕاستیشدا پێی وابوو بزووتنەوەی خێڵەکی دەشێ کاریگەریی خراپ لەسەر سەرکردایەتیی شار بەجێ بێڵێ.

لە هەمبەردا، ستراتیجی بزووتنەوەی سۆسیالیست، هاوخەبات و هاوپەیمانی نزیکی کۆمەڵە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، تەواو پێچەوانەی ستراتیجی ئارام بوو. بزووتنەوەی سۆسیالیست دەستپێکردنی خەباتی چەکداری بە ڕێوشوێنێك بۆ بەزۆر هێنانی رژێمی عیراق بۆ سەر مێزی وتوویژ دادەنا و لەم سۆنگەیەوە بزووتنەوەی سۆسیالیست ئەوەندەی کە پشت ئەستور بوو بە یاخیبونی خێڵەکی، ئەوەندە پشت ئەستوور نەبوو بە شەڕی پارتیزانی. جیاوازیی نێوان ئەم دوو ستراتیجە لەوە دایە کە ئارام دەیویست جوڵانەوەی چەکدار بگەیەنێتە ئاستی بەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا بزووتنەوەی سۆسیالیست هەڵسوڕانی چەکداریی، بە بێ هیچ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی، دەویست.

بوونی ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازە لە ناو یەکێتیدا، دواتر کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر یەکپارچەیی یەکێتی بەجێ هێشت، بواری پێکەوە هەڵکردنی زۆر تەنگەبەر کردو لە کۆتاییدا، لەساڵی ۱۹۷۹دا، بە جیابوونەی بزووتنەوەی سۆسیالیست، کۆتایی هات.

### ٥- زمانی نوسین

ئارام بڕێکی زۆر نوسینی لە پاش خۆی بەجێ نەهێشتووە. نووسین بەلایەوە پیشە نەبوو، بەڵکو ئامرازێك بوو بۆ گواستنەوەی بیرو بۆچونەکان بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتی. ئەمە وا دەکا لە ڕوانگەی پێداویستییەکانی راگەیاندنی سیاسی و مەرجە ئایدیۆلۆژییەکانەوە، تەماشای نووسینەکانی بکرێ.

زمانی نوسین لە لای ئارام زمانێکی زۆر سادەیە، هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نیە. دیارە ئارام خۆی مەبەستی بووە کە بە زمانێکی سادە بنووسێ، چونکە دەیویست بیرۆکەکان، بە سادەترین شێوە، بگەیەنێتە مێشکی خوێنەر، بۆیە زمانەکەی ئەوەندەی کە لە زمانی ئاخافتنەوە نزیکە ئەوەندەش لە زمانی ئاڵۆزی رۆشنبیرەکانەوە دوورە، بەڵام شێوازی نووسینی، لە ڕووی ڕێزمانەوە بەبێ کەموکوڕی نیەو لەو دەقانەی کە لە«هەڵبژاردەکان»دا کۆکراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆر هەڵەی زمانەوانی بەرچاو دەکەوێ، کە پێویستیان بەڕاستکردنەوە هەیە. ساڵی ۱۹۸۰ کاتێك «هەڵبژاردەکان» بۆ یەکەم جار بڵاو کرانەوە، دەستکاری نەکران و وەکو خۆیان بڵاو کرانەوە. پێدەچێ سەرپەرشتیارانی چاپکردنی «هەڵبژاردەکان» هەستیان بە کەموکوڕییە زمانەوانییەکان کردبێ، چونکە لەو چوار تێبینیەی کە لە کۆتایی چاپی یەکەمی هەڵبژاردەکاندا بڵاو کراونەتەوە، یەکێکیان جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بە هیچ جۆرێ دەستکاریی شێوەو ناوەڕۆکی نووسینەکان نەکراوە» . ئەو هۆیەی وای لە سەرپەرشتیارانی ساڵی ۱۹۸۰ی چاپکردنی هەڵبژاردەکان کردووە دەستکاریی دەقەکان نەکەن و کەموکوڕییە زمانەوانییەکان راست نەکەنەوە، هەمان هۆیە کە وای لە سەرپەرشتیارانی چاپی ساڵی ٢٠١٢ کردووە هەڵە زمانەوانییەکان وەکو خۆی بهێڵنەوە. ئەمەش کێشەیەکە تووشی هەموو ئەوانە دەبێ، کە بە ئەمانەتەوە، مامەڵە لەگەڵ دەقە مێژووییەکاندا دەکەنو ماف نادەنە خۆیان دەستکاریی دەقەکان بکەن. ئاشکرایە، کە لە ڕووی زانستیو مێژووییەوە، هێشتنەوەی دەقەکان وەکو خۆیان، تەنانەت بە هەڵەی زمانەوانیشەوە، خۆی لە خۆیدا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە وێنایەکی دروستترو رۆشنتر دەربارەی توانا بیرارییەکانی خاوەنی دەقەکان بۆ لێکۆڵیاران دەست دەخا. لێرە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە هەڵە زمانەوانییەکانی ناو وتارە کۆکراوەکانی «هەڵبژاردەکان»، ئەوەندە سەرنجڕاکێشو

گەورە نین، کە کار بکەنە سەر ڕەوتی ماناکانو بیانشێوێنن، ڕەنگە بەشێکی زۆریان خوێنەری ئاسایيو نەشارەزا هەستیان پێ نەکا. ئارام ئەوەندەی کە بەلایەوە گرنگ بووە کرۆکی بیرۆکەکە مەبەستی خۆی بپێکێ، بەو ئەندازیە ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبووە کە نووسینەکە هەڵەی زمانەوانیی تێدا بێ یان نا، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئاڵۆزی ئەو کاتەدا، کە ئامانجی سەرەکی تێیدا بەگەڕخستنەوەی وزەو تواناکان بووە بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو سڕینەوەی نەنگیی هەرەسهێنانی شۆڕش.

جگە لەو تێبینییەی باس کرا، دەشێ دوو تێبینیی دیکە سەبارەت بە شێوازی نووسینی ئارام هەبێ. یەکێکیان ئەوەیە کە ئارام لە نووسینەکانیدا بە نەفەسێکی درێژ دەنوسێو هانا دەباتە بەر وردەکاریی زۆر، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە دەیەوێ لەخوێنەری بگەیەنێ. ئەم خۆ سەرقاڵکردنە، بە تەرخانکردنی پانتاییەکی بەرین، بۆ بیرۆکەیەکی سادە کە دەکرا بە شێوەیەکی کورتتر نمایش بکرایە، زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئارام لە نووسینەکانیدا ویستویەتی هیچ شتێك بە ناڕۆشنی نەهێڵێتەوەو بەم پێیە تا لەوە دڵنیا نەبوو بێ کە خوێنەری باش تێگەیاندووە، وازی لێ نەهێناوە. تێبینییەکەی تر ئەوەیە کە ئارام لە نووسینەکانیدا، زۆر وشەی عەرەبیی بەکار هێناوەو هەرگیز خۆی بەوە سەرقاڵ نەکردووە کە بەرامبەر بۆ ئەو وشانە بدۆزێتەوە، ئەمەش هەر پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە مەبەستی سەرەکیی ، گەیاندنی بیرۆکەکەیە بە ڕۆشنترین شێوە. بۆیە لە نووسینەکاندا هیچ جۆرە یاریکردنێك بە وشە بەدی ناکرێ. هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ، کە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی لە نووسینەکاندا، پەیوەندیی بەو ڕۆژگارەوە هەیە کە ئارام وتارەکانی تێدا نوسیوەو هێشتا لەو کاتەدا ئەلتەرناتیڤی گونجاو لە زمانی کوردیدا بۆ ئەو وشانە نەدۆزرابوونەوە، جگە لەوەی، کە ئارام وەك ئینتەرناسیۆنالیستێکی شۆڕشگێڕ، ئەوەندە دەمارگیر نەبووە کە دژی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی بێ لە نووسینو قسەکردندا. ئارام بە گونجاوو بە ئەرکی خۆی نەزانیوە بەرامبەری نامۆ بۆ دەستەواژە باوەکان بدۆزێتەوە. بەڵام لە هەمبەریشدا، دەستەواژەی وای لە هەندێ شوێندا بەکار هێناوە کە زمانی نووسینی پێ دەوڵەمەند بووە، وەك بەکارهێنانی وشەی «تیرۆر»، کە ڕەنگە ئارام یەکەم کەس بێ لە نووسینی سیاسیی کوردیدا بەکاری هێنا بێ.

خوێنەرەکانی ئارام ئەوەیان لێ چاوەڕێ دەکرد کە پانتایی هۆشیاریی چینایەتيو سیاسییان فراوان بکا و سروشتی ڕووداوەکانیان تێبگەیەنێ، ئەویش ئەم ئەرکەی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرد.

## شالبەگیان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ٩٩ی بیتوێن و هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە ١٥ی شوباتی ١٩٨٥ لە دۆڵی شالبەگیان کە زۆرتر بە دۆڵی خەلەکان ناسراوە. شەڕەکە هاوکات بوو لەگەڵ ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی هێزی پێشمەرگە لە زنجیرە چیاکانی چەرماوەندو دۆڵی شەدەڵەو دەشتی سورداش کە ١٥ تیپی هێزی پێشمەرگە بەشدارییان تێدا کردبوو و دواتریش بە ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج ناوی دەرکرد.

هێزی پێشمەرگە لە دەشتی سورداش و دۆڵی شەدەڵەو زنجیرە چیاکانی چەرماوەند تەنگی بە هێزەکانی عیراق هەڵچنی بوو تا ئەو ئەندازەیەی

که هێزەکانی عیراق لە خۆ دەربازکردن ئومێدبڕ ببوون. بۆیە هێزێکی گەورە لە رانیەو کۆیەوە بەرەو دەشتی سورداش بەڕێ کەوت بۆ فریاکەوتنی هێزە تەنگپێهەڵچنراوەکان. هێزە فریادڕەسەکە لە سەدان سەربازو جاش و هێزی زرەیی و ژمارەیەک تانک پێکهاتبوو. بەڵام ئەم هێزە نەیتوانی فریای هێزەکانی دۆڵی سورداش بکەوێ، چونکە هێزێکی تیپی ٩٩ی بیتوێن لە نزیک گوندی باداوان بەرەنگاری هێزە نێردراوەکان بۆوەو بە درێژایی بەرەیەکی بیست کیلۆ مەتری تەنگی پێ هەڵچنین و نەیهێشت بگەنە سورداش.

شەڕ تا خۆرئاوابون درێژەی کێشاو تێیدا سوپای عیراق زیاتر لە سەد سەربازو جاشی لەدەستدا، دەیانی لێ بریندار بوو و ٤ سەربازیشی لێ بە دیل گیرا. هێزی پێشمەرگە ژمارەیەک چەک و بڕێک تەقەمەنی و یەک دەزگای بێسیمی چنگ کەوت. لە شەڕەکەدا یەک تانک پەک خراو ژمارەیەک ئوتومبیلی سوپایی سوتێنران.

گرتنی رێی دوکان- سورداش و رێ نەدان بە گەیشتنی هێزە نێردراوەکان بۆ دەشتی سورداش و دۆڵی شەدەڵە، کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر شەڕەکانی زنجیرە چیاکانی چەرماوەندو دۆڵی شەدەڵەو دەشتی سورداش هەبوو. رۆژی دواتر، هێزێکی گەورەی سوپای عیراق روی کردە شوێنی شەڕەکەو هەردوو گوندی باداوان و پاقلانی سوتاند و دانیشتوانەکەی دەربەدەر کرد.

لە ئەدەبیاتی سەردەمی پێشمەرگایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا شەڕەکە بە شەڕی شالبەگیان ناسراوە. مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم ناوە، زیندوکردنەوەی ناوە دێرینەکەی دۆڵی خەلەکان بوو کە خەریک بوو کەم بەکار دەهات و بەرەو لەبیرچونەوە دەچوو.

## شاناخسێ (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عیراق لەسەر رێی نێوان شاناخسێ و مەروێ لە ناوچەی ماوەت. رۆژی ١٦ی تەموزی ١٩٧٨ پێشمەرگەکانی هەرێمی ٣ هێرشیان کردە سەر کاروانێکی سوپای عیراق لە نێوان شاناخسێ- مەروێ و دەستیان بەسەر یەک کلاشینکۆفدا گرت. لە تۆڵەی ئەمەدا سوپای عیراق گوندی شاناخسێی تۆپباران کرد، لە ئاکامدا گوللە تۆپ بەر چەند ماڵێك کەوت و چەند خانوویەك داڕوخان. لە ئەنجامی تۆپبارانەکەدا دوو هاووڵاتی بە ناوی حاجی سەعید، خاتون حاجی ئیسماعیل و منداڵێکی ساوای یەك ساڵە بە ناوی ئالان محەمەد حاجی سەعید کوژران.

## شانە

بچوکترین یەکەی رێکخستن. بۆ یەکەم جار لە رێکخستنە بەراییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان داهات. لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەراندا لە ساڵی ١٩٧٤ بەدواوە وردە وردە واز لە شانە هێنراو شێوەی رێکخستنی هێشویی پیادە کرا کە تێیدا هەر ئەندامێك تەنها ئەندامێکی سەروی خۆی و ئەندامێکی خوارووی خۆی دەناسێ. ئەم شێوە رێکخستنە هێشوویە کەمترین دەرفەت بۆ یەکتر ناسینی ئەندامە رێکخراوەکان پێکدێنێ.

دواتر، شێوەی هێشویی هەم لە ناو رێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و دوای ئەویش یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان پەیڕەو کرا، هەم لە ناو رێکخستنەکانی تایبەت بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شارەکان.

پەیڕەوی ناوخۆی هەر یەك لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لە شاخ نوسراون، هەردووکیان باسی شانەیان وەك بچوکترین یەکەی ڕێکخستن کردووە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی سێیەم کۆنفرەنسی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ساڵی ١٩٨٤، شانە «یەکەیەکی بنچینەییە، بنکەی جەماوەری و ڕەگی کۆمەڵەیە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکیدا». بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان شانە «بنچینەی ڕێکخستنەو بنکەیەکی یەکێتییە لە ناو جەماوەردا، سەرچاوەی دروست و دەسەڵاتی دەزگاکانی سەروی خۆیەتی».

لە هەردوو ڕێکخراودا شانە لە ٣- ٥ ئەندام پێکدێ. بەڵام ئەو بەشەی پەیڕەوی ناوخۆ کە تایبەت بوو بەشانەو شانەی سەرەکی، ڕێکخستنی نهێنیی شارەکان پێوەی پابەند نەبوون، بۆیە ئەم یەکەیەی ڕێکخستن تەنها لە ناوچە رزگارکراوەکان کاری پێکراوە.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، شانە لە پەیکەری ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك یەکەیەکی بنچینەیی کاری پێ کرا، بەڵام ژمارەی ئەندامەکانی لە ژمارەی ئەندامەکانی شانەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان زۆرتر بوو. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لە ساڵی ٢٠٠١، شانە «یەکەم بازنەی ڕێکخستن و ئۆرگانی ڕاستەوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، لە ٣- ١١ ئەندام پێکدێت». بەپێی ئەم پەیڕەوە ئەرکەکانی شانە بریتین لە: «ئ- بڵاوکردنەوەو بەرگریکردن لە بیروڕاو سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، ب- لە سنوری چالاکیی خۆیدا هەوڵی ڕێبەرایەتی کردنی خەڵك دەدات، بەپێی سیاسەتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، ج- پەیداکردنی دۆست و لایەنگر بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێکخستنی پاڵێوراوان، د- هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پەروەردەکردنی ئەندامانی دەدات، هـ - ئابوونەو یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی کۆدەکاتەوەو دەینێرێت بۆ سەروی خۆی، و- لانی کەم مانگی جارێك کۆدەبێتەوەو بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو لە سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بڕیارەکانی سەرکردایەتی و دەنگوباسی وڵات دەکۆڵێتەوەو لە ڕاپۆرتی مانگانەیدا باسی چالاکییەکانی خۆی و دەنگوباسی ناو کۆمەڵانی خەڵك دەکات، بیروڕاو پێشنیارو ڕەخنەکانی خۆیان و خەڵك بۆ سەروی خۆی بەرزدەکاتەوە، ی- دوای شەش مانگ لە پێکهێنانی، ڕێکخەری خۆی هەڵدەبژێرێت».

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠، بڕیار درا شانە وەك یەکەیەکی پێکهێنەر لە پەیکەری ڕێکخستن دەربهێنرێ و چیتر کاری پێ نەکرێ.

## شانەدەری (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگانەیە دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ١ی هەورامان لە ناو ئۆردوگای شانەدەری لە ١٧ی ئابی ١٩٧٩ ئەنجامیان داوە. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکان چوونە ناو ئۆردوگای شانەدەری و لەوێ ڕووبەڕووی هێزێکی سوپای عیراق بوونەوە و شەڕێکی دوو سەعاتییان لەگەڵدا کردن. لە هێزەکەی دوژمن ٣ سەرباز کوژران و پێشمەرگە بێ زیان بوون.

## شانەی سەرەکی

یەکەیەکی ڕێکخستنە، لەشانە گەورەترەو لە لێپرسراوانی شانە پێکدێ. یەکەم جار لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان پێك هێنراو پاشان لە ناو یەکێتیی شۆڕشگێڕانیش هاتە ئاراوە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەران «شانەی سەرەکی ئەرکی پێکەوە بەستنی چەند شانەیەك و ئاڕاستەکردنیانی لەئەستۆدایە». لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی شۆڕشگێڕانیش شانەی سەرەکی «پێك دێت لە چەند نوێنەری شانەیەك کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی شانەکان دەگرنە ئەستۆ». لە هەردوو ڕێکخراودا شانەی سەرەکی لە ٣- ٥ لێپرسراوی شانەکان پێکدێ، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا باسی ئەوەش کراوە کە کۆمیتەی ناوچە شانە سەرەکییەکان پێکدێنێ.

لە ڕێکخستنی نهێنیی شارەکان شانەی سەرەکی نەبوو، چونکە ڕێکخستن بە شێوەی هێشوویی ڕێکخرا بوو.

## شلێر (چالاکیی پارتیزانی)

چالاکیی ئاگرباران کردنی بنکەو رەبیەکانی هێزەکانی عیراق لە ناوچەی شلێر. سەعات ١٩,٢٠ی رۆژی ١١ی ئابی ١٩٩٠ مەفرەزەیەکی پارتیزانی سەر بە مەڵبەندی دوو لەسەر جادەی شلێر ـ ناوخوان بارەگایەکی سریەی هێزەکانی عیراقی لە ناوچەی شلێر و سێ رەبیەکەی دەراوو سەریاسەکۆن و شیرەی بۆ ماوەی ٤٠ خولەك ئاگرباران کرد. هێزەکە بەبێ هیچ زیانێك گەڕایەوە بۆ بنکەکانی. زیانەکانی دوژمن لەم ئاگربارانکردنە نەزانراون.

دوای چالاکییەکە بەماوەیەکی زۆر، هێزەکانی عیراق بەهاوەن و تۆپ کەوتنە تۆپباران کردنی ناوچەکەو هەر ئەو شەوە هێزێکی زۆریان بۆ سەر چیاکان نارد. بەیانییەکەشی هێزێکی بەربڵاوی سەربازی بە پاڵپشتی چەند هەلیکۆپتەرێك کەوتە کێوماڵ کردنی دەوروبەری شوێنە ئاگربارانکراوەکە تا سەر سنوری عیراق ـ ئێران.

## شوان عەلی سەعید*



کادیری ڕێکخستنو ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان و پێشمەرگە. ناسراو بە شامیل. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووەو لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە.

لەو روانگەیەوە کەباوکی کادیری پارتی کۆمۆنیستی عیراق بووە، کەرەستەی ئامادەبونێکی زۆری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەدا هەبووەو هەر ئەمەش وای کردووە مەیلێکی زۆری بۆ خوێندنەوەی ئەدەبیاتی بیرمەندانی بیری سیاسیی چەپو پێشکەوتنخواز هەبێ. لە ساڵی ١٩٧١دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینییەوە کردو وەك کادیرێکی هەڵسوڕاو کاری تێدا کرد. لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی فیکری لە ناو کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٢و پەرەسەندنی مشتومڕی نێوان

بیری كوردستانیو بیری عیراقچێتی، پشتگیریی باڵی كوردستانیی كردو وای دانا كه‌ ره‌نجده‌رانی كوردستان مافی ئه‌وه‌یان هه‌یه‌ رێكخراوێكی تایبه‌ت به‌خۆیان هه‌بێ.

پاش هه‌ره‌س هێنانی شۆڕش له‌ ساڵی ١٩٧٥، هه‌ڵسوڕانی له‌ ناو رێكخستنه‌كاندا چڕ كردەوەو زۆرتر بایه‌خی به‌ لایه‌نی رۆشنبیریی خه‌باتی نهێنی دا.

له‌ هه‌ڵسوڕانیدا له‌ ناو رێكخستنه‌كاندا، زۆرتر له‌ ناو خوێندكاراندا چالاكیی نواندووه‌ چونكه‌ پێی وابووه‌ ئه‌م توێژه‌ خوێنده‌وارو هۆشیاره‌ له‌ هه‌موو توێژه‌كانی تر باشترو شیاوتر پێداویستییه‌كانی قۆناغی شۆڕشگێڕانه‌ تێده‌گا. ته‌نانه‌ت كاتێكیش كرایه‌ ئه‌ندام له‌كۆمیته‌ی هه‌ڵمه‌ت كه‌ له‌و قۆناغه‌دا هه‌ڵسوڕاوترین رێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵه‌ بوو له‌ كوردستاندا، لێپرسراوه‌تیی رێكخستنی خوێندكارانی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٧٦ له‌گه‌ڵ هه‌ر یه‌ك له‌ كۆسره‌ت ره‌سول عه‌لیو محه‌مه‌د خورشیدو له‌تیف عومه‌ر مسته‌فا و ره‌ئوف ئاكره‌یی به‌شدار بوو له‌ دامه‌زراندنی یه‌كێتیی خوێندكارانی شۆڕشگێڕی كوردستاندا.

له‌و ماوه‌یه‌دا وه‌ك كادیرێكی چالاكی خوێندكاری له‌ رێكخستنه‌كاندا كاری كردووه‌و رۆڵی سكرتێری رێكخراوه‌كه‌ی گێڕاوه‌، به‌ ڕاده‌یه‌ك كه‌ له‌ ئه‌ده‌بیاتی یه‌كێتیی نیشتمانیی كوردستاندا وه‌ك یه‌كه‌م سكرتێری رێكخراوه‌ خوێندكارییه‌كه‌ ناوی رۆیشتووه‌. سه‌رچاوه‌كان ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌ ده‌كه‌ن كه‌ پڕۆژه‌ی به‌رنامه‌و په‌یڕه‌وی ناوخۆی یه‌كێتیی خوێندكارانی نوسی بوو به‌ڵام فریا نه‌كه‌وت پێشكه‌ش به‌ كۆبونه‌وه‌ی رێكخراوه‌كه‌ی بكات چونكه‌ له‌ ئایاری ١٩٧٧دا هێزێكی چه‌كدار هه‌ڵی كوتایه‌ سه‌ر ماڵه‌كه‌یو ویستی بیگرێ، به‌ڵام ئه‌و خۆی به‌ ده‌سته‌ نه‌داو به‌سه‌ربانداا رایكرد. پاش پێنج رۆژ له‌گه‌ڵ محه‌مه‌د غه‌ریب عه‌بدوڵڵادا كه‌ دواتر له‌ پێشمه‌رگایه‌تیدا به‌ ئازادی سه‌گرمه‌ ده‌ناسرێ، له‌ سه‌رچناره‌وه‌ خۆی گه‌یانده‌ گوندی قزله‌ر و له‌وێوه‌ چوو بۆ چۆخماخ. پاشان چوو بۆ ناوچه‌ی قه‌ره‌داغ و له‌وێ كرایه‌ رابه‌ری سیاسیی ناوچه‌كه‌.

له‌٣ی ئه‌یلولی ١٩٧٧دا له‌ كاتێكدا كه‌ له‌گه‌ڵ چه‌ند كادیرێكدا له‌گوندی قازانقایه‌ی ناوچه‌ی قه‌ره‌داغدا ده‌بێ، جاشه‌كانی ته‌حسین شاوه‌یس و قاله‌ فه‌ره‌ج گه‌مارۆیان ده‌ده‌ن و شه‌ڕ داده‌مه‌زرێ. پاش ئه‌وه‌ی گولله‌یان پێ نامێنێو بۆ ئه‌وه‌ی به‌ دیلی نه‌كه‌ونه‌ ده‌ست جاشه‌كانه‌وه‌، شوانو چوار هاوڕێی به‌ نارنجۆك خۆیان ته‌قانده‌وه‌.

شوان له‌ پاش خۆی كۆمه‌ڵێك نوسینی به‌جێ هێشتووه‌ كه‌ له‌ ساڵی ٢٠٠١دا له‌ دوتوێی كتێبێك به‌ ناونیشانی «شه‌هید شوان ناسنامه‌ی بزوتنه‌وه‌ی خوێندكاران» كه‌ دكتۆر سامان فه‌وزی ئاماده‌ی كردووه‌، بڵاوكراونه‌ته‌وه‌. هه‌مان ساڵ ده‌ستنوسی چه‌ند نامه‌یه‌كی له‌ كتێبێكدا كه‌ شوعله‌ عه‌لیو پێشڕه‌و ئه‌حمه‌د ئاماده‌یان كردبوو، بڵاو كراونه‌ته‌وه‌.

بابه‌تی په‌یوه‌ندیدار:

* یه‌كێتیی خوێندكارانی كوردستان.

## شوان قادر مه‌عروف



ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌ركردایه‌تی. له‌دایكبوی ساڵی ١٩٧٤ ی سلێمانی. قۆناغه‌كانی خوێندنی سه‌ره‌تایی و ناوه‌ندی و دواناوه‌ندیی له‌ سلێمانی ته‌واو كردووه‌.

ساڵی ١٩٩٥ دەستی بە خوێندن کرد لە کۆلیجی ژمێریاری لە زانکۆی سەلاحەددین. لە ساڵی ١٩٩٦ دا، رووداوەکانی ٣١ ی ئاب دۆخێکی وایان لە هەولێر هێنایە ئاراوە کە نەیتوانی لەوێ درێژە بە خوێندن بدا، بۆیە وازی لە خوێندنی کۆلیجی ژمێریاری هێنا و هەر ئەو ساڵە لە سلێمانی لە بەشی ژمێریاریی پەیمانگای تەکنیکی دەستی بە خوێندن کرد. ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامەی دبلۆمی لە پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانی بەدەست هێنا.

پاش تەواوکردنی خوێندن، بووە خەزنەدار لە بەشی موچە لە ئیدارەی گشتیی دارایی حزب. هەر ئەو ساڵە، بووە ژمێریار لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دواتر بووە ژمێریاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ساڵی ٢٠٠٢ بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆمپانیای نۆکان کە خاوەنەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و بووە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری. هەر ئەو ساڵە بووە ئەندامی لیژنەی باڵا و بەرپرسی دارایی کۆمپانیاکە. ساڵی ٢٠٠٤ بووە ئەندامی مەکتەبی دارایی.

ساڵی ٢٠٠٨ لە کۆلیجی ژمێریاریی زانکۆی سلێمانی گەڕێکی دیکەی خوێندنی ئەکادیمیی دەست پێ کردەوە و ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠١٧ لە زانکۆی ئینتەرناشناڵی قاهیرە دەستی بە خوێندنی باڵا کرد و لە ساڵی ٢٠١٩ دا بڕوانامەی ماستەری لە بواری ژمێریاریدا وەدەست هێنا. هەر ئەو ساڵە، لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا . لە ٢٥ ی نیسانی ٢٠٢٠ دا لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردی مەکتەبەکاندا، بە لێپرسراوی بۆردی داهاتی گشتیی مەکتەبی ئیدارە و دارایی گشتی هەڵبژێردرا.

## شوان کەریم کابان



پێشمەرگەی دێرین و هونەرمەندو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان. ناوی تەواوی شوان عەبدولکەریم جەلال مەحمود عەزیز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی سلێمانی. لە ساڵی ١٩٦٠دا بە هۆی ئەوەی کە باوکی پۆلیسی بێسیم بووە، ماڵیان لە ڕانیە بووە. ساڵی دواتر باوکی بە تۆمەتی پەیوەندیی بە شۆڕشەوە، بۆ بەغدا دور خرایەوەو پاشان بۆ ناسریە. بە هۆی ئەمەوە شوان لە ناسریە خراوەتە بەر خوێندن. ساڵی ١٩٦٦ باوکی بۆ دیوانیە و ساڵی ١٩٦٩ بۆ سلێمانی گوێزرایەوە. لەم سۆنگەیەوە شوان ساڵەکانی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە ناسریەو دیوانیەو سلێمانی بەسەر بردووە. دواتر قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٧٤ بە خێزانەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو دە مانگی بە ئاوارەیی لەئۆردوگاکانی قوڵتی و رەبەت بەسەر برد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی، دەستی بە خوێندن کردەوەو لە پەیمانگای تەکنەلۆژیای کەرکوك دبلۆمی لە بەرهەم هێنانی کانزاکان بەدەست هێنا. لەو ماوەیەدا کاری شاگردی بەرگدروو و کرێکاریی کردووە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردوەو هەر ئەو ساڵە لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووەتە پێشمەرگە. لەوێوە نێردراوەتەوە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ و لەوێ خولێکی چۆنێتیی بەکارهێنانی دۆشکای بۆ هێزی پێشمەرگە کردۆتەوە.

لە تشرینی دووەمدا پەیوەندیی بە تیپی مۆسیقای شەهید کارزانەوە کرد و دواتریش گوێزرایەوە بۆ بارەگای راگەیاندنی ناوەندی لەگوندی توژەڵە. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە چەند چالاکییەکی هونەریدا لەوانە ئاهەنگەکانی سەری ساڵی ١٩٨٢و یەکی ئایاری جەژنی کرێکاران، سەرباری تۆمارکردنی چەند سرودێك بۆ هونەرمەندانی ئێران، هەر یەك لە کاڵێ، ئیقبال حاجبیو فەرهاد شوکروڵڵا بابان.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە بۆ ماوەی سێ مانگ لە کۆمیتەی رێکخستنی دوکانی کۆمەڵەی رەنجدەران کاری کرد.

لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان وەك نوسەرو بێژەری بەشی عەرەبیو دەرهێنەری بەرنامە کاری کرد. لەو قۆناغەدا سەرباری کارکردن لەرادیۆ پەرەی بە چالاکییە رۆشنبیرییەکانی داو لە ساڵی ١٩٨٣دا بەنوسین بەشداریی لەگۆڤاری «پێشمەرگە» دا کرد کە لە مەڵبەندی سێ وەك پاشکۆی گۆڤاری «راپەڕین» دەرچووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٥دا لەگەڵ دلێر ئیبراهیم محەمەددا بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری «هۆرە» کەگۆڤارێکی تایبەت بە مۆسیقایەو کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان ٤ ژمارەی لێ دەرکردووە. هەروەها بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی تیپی مۆسیقای کارزاندا کردوە چ بەگۆرانی وتن چ بەژەنین و لە ساڵی ١٩٨٣و ١٩٨٥و ١٩٨٦دا بەشدار بووە لە بەرهەم هێنانی سرودو گۆرانییە تۆمارکراوەکانی تیپەکە.

ساڵی ١٩٨٨ دوای گواستنەوەی بارەگای ئێزگە بۆ شاری سەقز لە کوردستانی ئێران، لەوێ گیرسایەوەو بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی خۆی. لە ساڵی ١٩٩٠دا وەك گۆرانیبێژو مۆسیقاژەن بەشدار بوو لە فیستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجە لە شاری سەقز کە کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان سازی کردبوو. لە ساڵی ١٩٩١دا لە ڕەوتی خۆ ئامادەکردندا بۆ بەرپاکردنی راپەڕینێکی سەرتاسەری لە کوردستان، کادیرەکانی دەزگای راگەیاندن بەسەر دوو ستافدا دابەش کران، یەکێکیان بۆ کارکردن لە ئێزگە ٤١ مەترییەکە لە زەڵێو ئەوی تر بۆ کارکردن لە ئێزگە ٧٥ مەترییەکە لە سەقز. شوان کابان لە ستافی ئێزگە ٧٥ مەترییەکە بوو و لەو ماوەیەدا وەك نوسەرو وەرگێڕو بێژەری بەشی عەرەبی کاری کردووە.


پاش راپەڕین بە لێپرسراوی کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٥ کرایە ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن و لە ساڵی ١٩٩٧دا لێپرسراوەتیی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٧ بووە جێگری بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن. ساڵی ٢٠٠٩ لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی کە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوو، بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* تیپی مۆسیقای شەهید کارزان.

* هۆرە (گۆڤار).

## شوان موغاغی



پێشمەرگەی دێرینو پارتیزان. ناوی تەواوی شوان شەریف کەریم محەمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی گوندی موغاغی سەر بە شارۆچکەی پیرەمەگرون لە

پارێزگای سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی لەو گوندە تەواو کردووە، پاشان لەگوندی سوسێ تا پۆلی دووی ناوەندیی خوێندووە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو هەر ئەو ساڵە بۆتە پێشمەرگەو پەیوەندیی بە ڕێکخراوی دوکانەوە کردووە کە لەو کاتەدا جەبار فەرمان بەرپرسی بووە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا گوازراوەتەوە بۆ کەرتی تیپی مەڵبەندی دوو لەگوندی سەرگەڵوو. ساڵی پاشتر لەکەرتی یەکی هەمان تیپ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٦ بۆتە فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپەکە و ساڵی دواتر کراوەتە فەرماندەی کەرتی یەکی هەمان تیپ کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لەگوندی هۆمەر قەوم بووە.

ساڵی ١٩٨٨ لە سەروبەندی پەرەسەندنی جەنگی کیمیاییو دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکاندا، بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لەگەڵ هێزەکەی غەریب هەڵەدنی بە شێوەی پارتیزانی لە دۆڵی جافایەتیو چیای پیرەمەگرون مایەوە. هەر ئەو ساڵە، لە شەڕێکدا لەگوندی شەدەڵە بریندار بوو، بۆ چارەسەر ڕەوانەی شاری تەورێزی ئێران کراو دوای سێ مانگ گەڕایەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٨٩ پاش ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی تیپەکان لەگوندی بلەکێ، لێپرسراوەتیی فەرماندەیی کەرتی یەکی تیپی ٢٣ی سورداشی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٩٠دا کرایە فەرماندەی تیپی ١٠٢و بۆ ماوەی حەوت مانگ بە شێوەی پارتیزانی لە چیای پیرەمەگرون مایەوە. بونی لەو ناوچەیە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند کە لە کاتی دەستپێکردنی ڕاپەڕیندا ڕۆڵێکی دیار لە ڕزگاکردنی ئۆردوگای زۆرەملێی پیرەمەگرون و گرتنی سەربازگەکانی سوسێو دوکاندا بگێڕێ. دواتریش بەشدار بوو لەگرتنی بان مەقان و قەرەهەنجیرو کەرکوکدا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەشدار بووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنی شارۆچکەی بێتواتەو ڕەبیەکەی قەمتەران (١٩٨٣)، گرتنی فەوجی کارێزە (١٩٨٦)و ئۆپەراسیۆنی داستانی ڕزگاریو گرتنی ڕەبیەکانی قوڵە سەوز و قوڵە پونگینەو سپیلك لە ساڵی ١٩٨٧.

لە ساڵی ١٩٩٢دا لە شەڕێکدا لە خواکورك چاوێکی لەدەستداو بۆ چارەسەر ڕەوانەی وڵاتی نەمسا کرا. لە ساڵی ١٩٩٣دا لە لیوای هاوبەشی ٢٢دا کرایە فەرماندەی فەوجی یەك لە قلیاسان و لە ساڵی دواتردا کرایە جێگری فەرماندەی لیوای شارەزور. لە ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٦دا کرایە ئەندامی فەرماندەیی لەشکری دوکانو دواتریش لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی لەشکرەکەی گرتە ئەستۆ.

لە ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٧دا ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە بووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ لێپرسراوەتیی بەشی زەوییەکانی یەکەکانی ٧٠ی پێ سپێردراوە.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا بە سکرتێری کۆمەڵەی کەمئەندامانی سەنگەر هەڵبژێردراوەو لە ساڵی ٢٠١١ بۆ جاری دووەم بە سکرتێری کۆمەڵەکە هەڵبژێردراوەتەوە. لە شەڕی دژ بە داعش بەشدار بووەو لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ لە تەقینەوەکەی قەرەتەپەدا بە سەختی بریندار بووە. خاوەنی مەدالیای پێشمەرگە پارتیزانەکان و مەدالیای پێشمەرگە دانەبڕاوەکانە.

## شۆراوە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان پۆلێك پێشمەرگەی کەرتی ٤ی جەباری بە فەرماندەیی بێستون بارۆیی و هێزێکی زۆری جاش و سەرباز بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەری جەنگی، لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لە چیای شۆراوەی ناوچەی هەمەوەند. شەڕەکە لە بەرەبەیانەوە تا ئێوارە درێژەی کێشاو تێیدا هەلیکۆپتەرەکان چەند جارێك تەقەمەنییان تەواو دەبوو، خێرا دەگەڕانەوە بۆ چەمچەماڵ و بە تەقەمەنییەوە دەهاتنەوە مەیدانی شەڕ.

لە سەرەتادا پێشمەرگەکان جاشەکانیان گەمارۆ دابوو و خەریك بوو هەموویان لە ناو بەرن، بەڵام هێزێکی زۆری سوپا بە پشتیوانیی هەلیکۆپتەر فریای جاشەکان کەوت. لە ٤٤ پێشمەرگەکە، ١٥ پێشمەرگە شەهید بوون، پێشمەرگەیەکیش بەبرینداری بەدیل گیرا و دواتر لەسێدارە درا. شەهیدەکان ئەمانەن: نەجمەددین عوسمان قادر کەرکوکی، نەوزاد مەحمەد ئەمین حسێن، فاتیح حەمە سەعید سەنگاوی، بێستون بارۆیی، حسێن عەبدوڵلا محەمەد دلگەیی، عەدنان عەلی محەمەد، شەریف سابیر کونە کۆتری، نورەددین رەشید (نوری ساڵەیی)، رەمەزان مستەفا کانی مستەفایی، جەبار فایەق مەجید پونگەڵەیی، قادر حسێن ئەحمەد شاحەسەنی، نوری محەمەد عەلی (مەلا نوری)، جەوهەر حسێن ئەحمەد هەشەزینی، عەلادین عەبدولکەریم محەمەد، عومەر باینجانی، ئەرکان ئەمین قادر چراغە روتەیی.

### ژیاننامەی بەشێك لە شەهیدەکانی شەڕەکە:

*** ئەرکان ئەمین قادر:**

ناسراو بە ئەرکان چراغە روتەیی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی چراغە روتە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردوە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ، لە ناوچەی سەنگاو و جەباری و قادر کەرەم و قەرەداغ، بەشداریی چەندین شەڕ و نەبەردی کردووە.

*** نەجمەددین عوسمان قادر:**

ناسراو بە نەجمەددین کەرکوکی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی وەسمان لە دەوروبەری کەرکوك. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە و هەر ئەو ساڵە بەگومانی پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵەوە لە لایەن دەزگای ئەمنی کەرکوکەوە دەستگیر کراوە، بەڵام هیچی لەسەر ئاشکرا نەبووە، خۆیشی هیچی ئاشکرا نەکردووە.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە کەرتی ٤ی جەباری سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ هەڵسوڕانی پێشمەرگانەی دەستپێکرد.

*** فاتیح حەمە سەعید سەنگاوی:**

ناسراو بە فاتیح سەنگاوی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی هەشەزینی لە ناوچەی سەنگاو. خوێندنی سەرەتایی لەو گوندە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بەرێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو بۆ ساڵی دواتر بووە پێشمەرگە لە کەرتی ٤ی جەباری سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٧٩ کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

*** عومەر باینجانی:**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٥ی گوندی پێباز لە ناوچەی گەرمیان، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد و دواتر بوو بە پێشمەرگە لە کەرتی ٤ی جەباریی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی بەشێکی زۆری شەڕ و نەبەردەکانی سنوری کەرتەکەی کردووە.

*** عەدنان عەلی محەمەد:**

ناسراو بە عەدنان کەرکوکی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٥ی گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوك. تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندووە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە و لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠دا بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی ٤ی جەباری سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ.

پاش ١٦ رۆژ لە بوونی بە پێشمەرگە، لە ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠دا لە چیای شۆراوەی ناوچەی هەمەوەند کەرتەکەی تووشی شەڕێکی دەستەویەخە بوو لەگەڵ هێزێکی بەربڵاوی سەرباز و جاش کە هەلیکۆپتەریش پشتگیریی دەکرد. لەو شەڕەدا پاش بەرگرییەکی درێژخایەن دەیان پارچەی تەقەمەنیی بەرکەوت و دەستێکیشی لە شەڕەکەدا قرتا. پێشمەرگەکان لە کاتی کشانەوەیاندا بەجێیان نەهێشت و توانیان لەگەڵ خۆیاندا بیبەن بۆ گوندی هەنجیرە و لەوێوە گەیاندیانە گوندی باڵاجۆ و لەوێشەوە بەتراکتۆر بردیانە گوندی هاڵەی سەروچاوە و لەوێوە بۆ دێلێژە بۆ ئەوەی فریای چارەسەرکردنی بخەن. بەڵام رۆژێك پاش شەڕەکە، لە ١٨ی تشرینی دووەمدا شەهید بوو و لەگوندی دێلێژە نێژرا.

*** قادر حسێن مستەفا:**

ناسراو بە قادر شاحەسەنی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی شاحەسەن. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە، چەند جارێك لە لایەن دەزگای ئەمنەوە بەگومانی پەیوەندیی بە یەکێتییەوە گیراوە، بەڵام هیچ جارێك هیچی نەدرکاندووە و توانیویەتی خۆی دەرباز بکات.

ساڵی ١٩٧٩ پاش هەڵکشانی هەڕەشە بۆ سەر ژیانی، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە کەرتی ٤ی جەباری سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ بۆتە پێشمەرگە.

*** رەمەزان مستەفا کانی مستەفایی:**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی کانی مستەفا لە ناوچەی چەمچەماڵ. ساڵی ١٩٧٦ چووە ریزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە و لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٧٩دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە کەرتی ٤ی جەباریی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

*** شەریف سابیر کونەکۆتری:**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٨ی گوندی کونەکۆتر. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردوە و ساڵی ١٩٧٨ بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی ٤ی جەباریی سەر بەهەرێمی ٥ی قەرەداغ.

*** جەبار فایەق مەجید:**

ناسراو بە جەبار پونگەڵەیی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی پونگەڵە. ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگە لە کەرتی ٤ی جەباریی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ. بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆر شەڕو نەبەردی سنوری هەرێمەکەی کردووە.

*** حسێن عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح:**

ناسراو بە حسێن دڵکەیی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ی گوندی دڵکە لە ناوچەی سەنگاو. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٩ لەسەر جاددەی سەنگاو — چەمچەماڵ سەربازێکی سوپای عیراقی چەك کرد و بەدیلی بردی بۆ ناو پێشمەرگە و خۆیشی بوو بە پێشمەرگە لە مەفرەزەیەکی سەر بە کەرتی ٤ی جەباریی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی چەندین شەڕ و نەبەردو پێکدادانی لە دژی سوپای عیراق کردوە.

*** نورەددین ڕەشید ناسر:**

ناسراو بە نوری ساڵەیی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد و هەر ئەو ساڵە بووە پێشمەرگە لە کەرتی ٤ی جەباری سەر بەهەرێمی ٥ی قەرەداغ.

***جەوهەر حسێن ئەحمەد هەشەزینی:**

لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی هەشەزینی ناوچەی سەنگاو. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی پاشتر بۆتە پێشمەرگەی کەرتی ٤ی جەباریی هەرێمی ٥ی قەرەداغ. لە شەڕی شۆڕاودا بە برینداری کەوتە دەست جاشەکان و دواتر ڕادەستی سوپای عیراق کرا. لە٩ی ئایاری ١٩٨١ لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە درا.

## شۆڕش (نەخۆشخانە)

دەزگایەکی پزیشکییە لە سلێمانی، سەرەتا وەك بنکەیەکی حەوانەوە، بۆ ئەو پێشمەرگە بریندارانە دامەزرا کە پێویستیان بەچاودێریی پزیشکی بوو، لەوێ خواردن و پێداویستییەکانی چارەسەریان بۆ دابین دەکرا. ساڵی ١٩٩٦ دوای ئەوەی کە بەهۆی ڕوداوەکانی ٣١ی ئابەوە، ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە ئاوارەی سلێمانی بون و گوشارێکی زۆر کەوتە سەر بنکەکە، بڕیار درا بنکەکە بکرێ بەبنکەیەکی تەندروستیو بۆ ساڵی دواتر کرایە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٩٨ ئەرکی نەخۆشخانەکە پەرە پێ دراو جگە لەچارەسەرکردنی پێشمەرگە، دەرفەتی ئەوەی بۆ دابین کرا کە کەسوکاری پێشمەرگەو بنەماڵەی شەهیدان چارەسەر بکات. بەم پێیە، سێ هۆڵی نەشتەرگەریی تێدا دروست کراو ژمارەی قەرەوێڵەکانی گەیەنرایە ٦٠ قەرەوێڵە و توانرا ڕۆژانە ٢٠ نەشتەرگەریی تێدا ئەنجام بدرێو زیاتر لە سەد نەخۆشی تێدا چارەسەر بکرێ.

یەکەم بارەگای نەخۆشخانەکە لەگەڕەکی بەختیاری بوو، لە خانەیەکی ٣٠٠ مەتریی دو نهۆمیدا. ساڵی ٢٠٠١ بینای نەخۆشخانەی سیل لە نزیك گوندی قڕگە نۆژەن کرایەوەو بۆ ساڵی دواتر نەخۆشخانەکە گواستییەوە بۆ ئەوێ. نەخۆشخانەکە لەو ساڵەدا ٤ هۆڵی نەشتەگەریو سەد قەرەوێڵەی هەبوو، ڕۆژانە لە نێوان ٣٠-٤٠ نەشتەرگەریی تێدا ئەنجام دەدراو ٢٥٠-٣٠٠ نەخۆشیشی تێدا چارەسەر دەکرا. بەشێك لە خەرجییەکانی نۆژەن کردنەوەی بیناکە، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان (WHO)بەپێی بڕیاری ٩٨٦ی نەتەوە یەکگرتووەکان گرتییە ئەستۆی خۆی. بەڵام نەخۆشخانەکە هەر پێویستی بە پەرەپێدان بوو.

پاش ڕوخانی ڕژێمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣و پاش ئەوەی باری دارایی حکومەتی هەرێم بەرەو باشی چوو، لە ماوەی نێوان ٢٠٠٣-٢٠٠٧ نزیکەی ١٢ ملیۆن دۆلار بۆ کردنی نەخۆشخانەی شۆڕش بە نەخۆشخانەیەکی مۆدێرنی خاوەن بینای باش و ئامێری پێشکەوتوو، تەرخان کرا. لە ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٧ نەخۆشخانەکە لە قڕگە، پاش نۆژەن کردنەوەی و دابین کردنی هەموو پێداویستییەکانیو زیادکردنی بەشەکانی، بە شێوەیەکی فەرمی کرایەوە و لێرە بەدواوە ناوی گۆڕاو بووە دەزگای تەندروستیی پێشمەرگە کە لەو کاتەدا لە دوو سەد سیسەم پێکهاتبوو.

نەخۆشخانەی شۆڕش پێش ساڵی ٢٠٠٣ توانیبوی لە دەرەوەی سلێمانی پەرە بە هەڵسوڕانی خۆی بداو چەند نەخۆشخانەیەکی تر بکاتەوەو لەوانە نەخۆشخانەی ڕانیە لە ساڵی ١٩٩٩ کەجگە لە بایەخی بۆ هێزی پێشمەرگە، هاووڵاتییانی ناوچەکەش زۆر لێی سودمەند بون. ئەم نەخۆشخانەیە لە ساڵی ٢٠٠٣

بۆ چوارقوڕنە گوێزرایەوەو تێکەڵ بە نەخۆشخانە حکومییەکان کرا و ناو نرا نەخۆشخانەی بیتوین- راپەڕین. ساڵی ٢٠٠٨ بینایەکی تازەو مۆدێرن بۆ نەخۆشخانەکە کرایەوەو ناو نرا نەخۆشخانەی شەهید ئەحمەد ئیسماعیل. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦دا نەخۆشخانەیەك لە باوەنور بە ناوی نەخۆشخانەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری کرایەوە.

بە هەمان شێوە، لە ساڵی ٢٠٠٩دا نەخۆشخانەیەکی تر لە بارەگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە بە ناوی نەخۆشخانەی شۆڕشەوە کرایەوەو هەروەها لە ساڵی ٢٠١١دا بە بڕیاری دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەخۆشخانەی شۆراو لە کەرکوك خرایە سەر نەخۆشخانەکانی شۆڕش بۆ ئەوەی بە خۆڕایی چارەسەری نەخۆشی تێدا بکرێ.

بە پێی ئامارەکانی دەزگای تەندروستیی پێشمەرگە، ٣١١٧٢٣ نەخۆش لە ساڵی ٢٠١١ لە نەخۆشخانەکانی سەر بەم دەزگایە چارەسەر کراون و لە ساڵی ٢٠١٢دا لە نۆ مانگی یەکەمدا ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە لە نەخۆشخانەکانی سەر بە دەزگاکە چارەسەر کراون گەیشتۆتە ٢٤٥٠٣٦ نەخۆش.

## شۆڕش (تیپی شانۆ)

تیپێکی شانۆیە ساڵی ١٩٨٢ پێشمەرگە هونەرمەندەکان لە ناوزەنگ دایانمەزراندوەو چەند بەرهەمێکی لە ناوچە رزگارکراوەکان پێشکەش کردوە کە زۆربەی هەرە زۆری لە ناوەڕۆکدا رەنگدانەوەی هەلومەرجی شۆڕش و خەباتی دژی دیکتاتۆری بووە.

تیپەکە لە چەند هونەرمەندێك پێکهاتبوو لەوانە عەباس عەبدولڕەزاق، ئازاد جەلال، بەکر عەبدوڵڵا، غازی غەفور، کاروان محەمەد، ئازاد ناسیح کەرکوکی، مستەفا قەسیم، حاجی مەسیفی، حەمە عەلی خان، نەهرۆ کۆیی‌و هی تر.

تیپەکە چوار بەرهەمی پێشکەش کردوە کە بریتین لە «هاوارێکی تاساو»، «فایلی ٦٧»، «بەسەرهاتی سادقی حەماڵ»و «دۆشاو فرۆشە هەژارەکە».

بەشێك لەو هونەرمەندانەی بەشدار بون لەم تیپە، دواتر پەرەیان بە کارەکانیان داو چەند فلیمێکیان دەرکرد وەك «هەڵۆی سور»و «روەو قەندیل».

هونەرمەندەکانی ئەم تیپە لەو بڕوایەدا بون کە شانۆ دەتوانێ رۆڵێکی دیاریکراو لە شۆڕشدا بنوێنێ‌و فاکتەرێك بێ بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی نیشتمانی‌و سیاسی. زۆربەی دەقە پێشکەشکراوەکان دەقی وەرگێردراو بون بەڵام بەجۆرێك دەستکاری کرابوون کە لەگەڵ هەلومەرجی کورددا بگونجێن. زۆربەی ئەندامانی تیپەکە ئەندام و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بون، بەڵام هەندێکیان لە ڕوی سیاسییەو سەربەخۆ بون و سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نەبون.

## شۆڕش ئیسماعیل



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ی گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٦٣ لە خوێندنگەی پیرەمەگرون چۆتە بەر خوێندن و ساڵی ١٩٧٠ لە دواناوەندیی شۆڕش وەرگیراوە. دواتر ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشدار بوو لە خولێکی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی لە ناوچەی ئازادی لە حاجی ئۆمەران و دوای تەواو کردنی خولەکە لەگەڵ تیمی هۆشیاریی چەکی کیمیایی رەوانەی هێزی خەبات کرا. هەر لەو ساڵەدا ئاشنایەتیی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا پەیدا کرد.

دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لەوێ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی دواتر، لەگوندی کانی توو پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٧٧ بووە کادیر لە کەرتی حەمە مۆریاسی. ساڵی ١٩٧٨ بووە کادیری جەماوەری لە ناوچەی شارباژێڕ. ساڵی دواتر رەوانەی ناوچەی ئاکۆیان و پشدەر کراو لەوێ سەرپەرشتیی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی کرد.

ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ ژمارەیەك لەفەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە، رەوانەی باشووری لوبنان کراو لەوێ لە یەکێ لە بنکەکانی بەرەی دیموکراتی رزگاریی فەلەستینی سەر بە نایف حەواتمە، خولێکی عەسکەریی بینی. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کرایە فەرماندەی کەرت لە شارباژێڕو ساڵی ١٩٨٢ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٣٣ی سلێمانی.

ساڵی ١٩٨٣ بووە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی یەك. ساڵی ١٩٨٥ بووە فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧دا فەرماندەیی تیپی ٣١ی سلێمانیی گرتە ئەستۆ. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٢ - ١٩٨٨دا بەشداریی دەیان چالاکیی ناو شارو ئۆپەراسیۆنەکانی رزگارکردنی چەندین ناوچەی کردوە وەك ئۆپەراسیۆنی گرتنی کارێزە (١٩٨٦) و ئۆپەراسیۆنی گرتنی قەرەداغ (١٩٨٧). لە چالاکییەکی بوێرانەدا دەمەو ئێوارەیەك بۆسەی لەسەر شەقامی توی مەلیکی ناو سلێمانی داناو چەند سیخوڕێکی دەستگیر کرد. لە تۆڵەی ئەم چالاکییەدا، رژێمی بەعس محەمەدی برای بە بەرچاوی خەڵکەوە گوللەباران کرد.

دوای شاڵاوی ئەنفالەکان، لەسەر سنور هێزەکانی لەگوندی بلەکێ رێك خستەوە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ ٤٥٠ پێشمەرگەدا لە مازندەران لە ئێران بەشداریی لە خولێکی سەربازیدا کرد. دوا بەدوای ئەمە، لە پێشمەرگەکانی بەشداربووی خولەکە یەکەم یەکەی نیزامی پێك هێنراو لە بلەکێ جێگیر کراو لێپرسراوەتیی ئەم یەکەیەی پێ سپێردرا.

لە سەرەتای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بە هاوڕێیەتیی نەوشیروان مستەفا و مەسعود بارزانی لە قاسمە ڕەشەوە گەیشتە رانیەو رۆژی دواتر رووی کردە سلێمانی. لەوێ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی بنکەکانی رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی پێ سپێردرا.

دوای کۆڕەوە ملیۆنییەکە، یەکەمین بنکەی پێشمەرگایەتیی لە قەڵاچوالان دانا. لە مانگی تشرینی یەکەمدا بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و دواتر بووە بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی و دواتریش بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری. ساڵی ١٩٩٤ بووە بەرپرسی مەڵبەندی شارەزوور. ساڵی ٢٠٠٠ بووە بەرپرسی دەزگای شەهیدان.

له کۆنگرەی دووەمی یەکێتی له ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. دوای یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم، کرایە کارگێڕی مەکتەبی ڕێکخستن و سەرپەرشتیاری مەڵبەندەکانی هەر سێ پارێزگاکەی سلێمانی و کەرکوك و بەغدا. ساڵی ٢٠٠٧، پاش دامەزراندنی دەزگای هەڵبژاردن، کرایە بەرپرسی ئەو دەزگایە. هەر ئەو ساڵە بڕوانامەی بە کالۆریۆسی له زانستە سیاسییەکان له زانکۆی سلێمانی بەدەستهێنا.

ساڵی ٢٠١٠ له کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی له سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و دواتر بووە ئەندامی یەدەکی مەکتەبی سیاسی. هەمان ساڵ بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

له ٦ی تەموزی ٢٠١٩ دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاریدا وەك کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پۆستی وەزیری پێشمەرگە بخرێتە لیستی تیمی حزبەوە بۆ بەشداری کردن له کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. له ١٠ی تەموزدا، پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان دەنگی بە پێکهاتەی کابینەی نۆیەم دا، لێپرسراوەتیی وەزیری پێشمەرگەی لەسەر پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گرتە ئەستۆ.

له کانونی یەکەمی ٢٠١٩دا، له کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:
* دەنگدان (گۆڤار).
* پیرەمەگرون (تیپ).

## شۆڕش سەید مەجید



کادیر و پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی شاری هەولێر. قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی پیشەسازیی له هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو له سەرەتای ساڵی ١٩٨١دا چووە ناو هێزی پێشمەرگەو له ناوزەنگ له بارەگای مەکتەبی ڕێکخستن ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. له کۆتایی هەمان ساڵ بەشداریی له خولێکی کادیراندا کرد له بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەران.

ساڵی ١٩٨٢ بۆ بارەگای کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر لەگوندی وەرتێ گوێزرایەوەو لەوێ ئەرکی کارکردنی له بەشی بێسیمی مەڵبەند پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٧ له کاتی بۆردومانی کیمیایی گوندی بالیسان بە سەختی بریندار بوو و بۆ چارەسەر ڕەوانەی ئێران کرا. ساڵی ١٩٨٨، بەپێی ڕێککەوتنی نێوان سوپای پاسدارانی ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەدا، بەشدار بوو له خولێکی سێ مانگەی فەرماندەیی له سەربازگەی ئیمام حوسەین له باکوری تاران. پاش تەواو کردنی خولەکە، ماوەیەك نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد له شاری نەغەدەی ئێران.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، وەك ئەندامی

لیژنەی باڵای هاوبەشی گومرگ لە خاڵی گومرگی حاجی ئۆمەران کاری کرد.

ساڵی ۱۹۹۲ ئەرکی ڕێکخستنی پێ سپێردراو کرایە ئەندامی کۆمیتەو دواتریش کرایە کارگێڕی کۆمیتەی ۷ی سەر بە مەڵبەندی ۳ی ڕێکخستنی هەولێر. ساڵی ۱۹۹۳ لە لەشکری یەکگرتوی کوردستان کرایە ئەفسەری هەواڵگری. ساڵی ۱۹۹۵ کرایە ئەندامی مەکتەبی دارایی‌و لێپرساوی کارگێڕیی لەشکرەکانی پارێزگای هەولێر. ساڵی ۱۹۹٦ کرایە لێپرساوی کارگێڕیی فەرماندەیی ۲ی هەولێر لە کۆیە. ساڵی ۱۹۹۸ لێپرساوەتیی کارگێڕیی فەرماندەییەکانی ڕۆژئاوای پێ سپێردرا.

ساڵی ۲۰۰۲ گەڕایەوە سەر کارکردن لە بواری ڕێکخستنداو کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ۳ی ڕێکخستنی هەولێر. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۲۰۰٦ی مەڵبەندی ۳دا بە جێگری یەکەمی لێپرساوی مەڵبەند هەڵبژێردرا.

ساڵی ۲۰۰۹ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* تاران (خولی فەرماندیی).

## شۆڕشی نوێ

دەستەواژەیەکە لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا زۆر بەکار هێنراوە، ناوەڕۆکەکەی ئاماژەیە بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ساڵی ۱۹۷٦ لەسەر دەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بە پێی ناوەڕۆکی



دەستەواژەکە، شۆڕش بەسەر «کۆن»و «نوێ»دا دابەش کراوەو شۆڕشی نوێ لە شۆڕشە کۆنەکە جیا کراوەتەوە.

واتای رەخنەگرانەی دەستەواژەکە خۆی لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی «کۆن»و «نوێ» دا دەنوێنێ. بەپێی واتاکە شۆڕشی «کۆن» ئەرکەکانی خۆی پێ جێبەجێ نەکراوەو لەم سۆنگەیەوە شۆڕشێکی نوێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە جێبەجێنەکراوەکانی شۆڕشی پێشوو هەڵگیرساوە. ئەمەش بەم مانایە دێ کە شۆڕشی نوێ هەمان ئامانجی شۆڕشی پێشوی هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا لە بواری سەرکردایەتی‌و ستراتیج و تاکتیك و پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی‌و جیهانبینی‌و شێوەی بیرکردنەوەدا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شۆڕشی پێشوودا هەیە. گوتاری راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ساڵی ١٩٧٦ درێژەپێدانێکی میکانیکیی شۆڕشی پێشوو نیە، بەتایبەتی کە پێکهاتەکانی ناو یەکێتی ویستویانە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی شۆڕش وەك پرۆسەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ناوەڕۆکی سیاسیی شۆڕش وەك پرۆسەیەکی گۆڕانی سیاسی، جیا نەکرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، مانای زمانەوانیی «نوێ» لە دەستەواژەکەدا تەنها پەیوەندیی بە کاتەوە نیە، بەڵکو مەسەلەی کاتی تێپەڕاندووەو خۆی لە قەرەی مەسەلەی پێکەوە گرێدانی پەرەسەندنی سیاسی‌و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی داوە. لەسەر ئاستی تاکتیکی‌و روکەش، دەستەواژەکە جەخت دەکاتە سەر رەت کردنەوەی بڕیاری کۆتایی هێنان بەشۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥و پێ لەسەر پاراستنی ناسنامەو بونی کورد لە رێی شۆڕشەوە دادەگرێ.

## پاشکۆ

### وتاری تاڵەبانی بەبۆنەی یادی ١٠ ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشەوە (١٩٨٦)

هەڤاڵانی تێکۆشەر

ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

هەڤاڵانی خەباتگێڕ

پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

کۆمەڵانی بە شەرەفی خەڵکی کوردستانی خوێناوی

بە سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمەوە پیرۆزبایی بیرەوەری و یادی ١٠ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشە نوێکەی گەلەکەمانتان لێ دەکەم، بە هیوای ئەوەی ئەم یادە پیرۆزە هاندەری هەموو لایەکمان بێ بۆ تەرخان کردنی هەموو تواناو وزەو هۆش و بیرمان بۆ پاراستن و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی رێبەریان بۆ بەدیهێنانی دروشمی ئاشتبونەوەو پێکهاتنەوەی هەموو هێزەکانی گەلی کوردی عیراق چونکە ئەم پەرەسەندن و گەشەپێدانەی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەك هەر تەنیا شەرتی سەرەکیی پاراستنی کوردو کوردستانە لە سیاسەتی ئیستعماری ئیستیتانیی عەفلەقییە رەفتار فاشیستەکان، بەڵکو شەرتی یەکەمی گەشەپێدانی بەرگریی نیشتمانی و شۆڕشی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی کوردستانیشە لە پێناوی بەدی هێنانی هەموو ئەرك و ئامانجە نەتەوەیی و چینایەتی و دیموکراتییەکانی

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، هەروەك شەرتی هێشتنەوەی ناوچە رزگارکراوەکانیشە کە بونەتە بنکەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ کۆکردنەوەو یەکخستنەوەی هەموو هێزەکانی موعارەزەی کوردستانی و عیراقی. ئەم دەورەی کە مێژوو شەرەفەکەی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەوا بینیوەو ئەرکەکەشی، ئەرکی بەدی هێنانی پێکهاتنەوەو هاوخەباتیی هەموو تێکۆشەرانی رێگای رزگاری و دیموکراسیی کوردستان و عیراق بە جیاوازیی حزب و بیروڕای سیاسییانەوە، خستۆتە ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کە هیوادارم هەر وەك چۆن شۆڕشی هەڵگیرساندەوەو کوردایەتیی بوژاندەوە، ئاوهاش ئەم ئەرکە بەجێ بهێنێت. پێم وایە بەجێ هێنانی ئەم ئەرکە و پاراستن و گەشەپێدانی شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاکترین جۆری ئەمەکداریشە بۆ هەموو ئەو شەهیدە نەمر و سەروەرانەی کە بە خوێنی گەشی خۆیان ئەم شۆڕشەیان هەڵگیرساند و شوێنەواری پڕ شوم و شەرمەزاریی ئاشبەتاڵیان سڕییەوە.

هەڤاڵان

خوشك و برایانی خۆشەویست

ئەمڕۆ لە ١ی حوزەیرانی ١٩٨٦دا دە ساڵی رەبەق بەسەر هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشەکەماندا تێدەپەڕێت. دە ساڵی پڕ فیداکاری و کوێرەوەری و سەروەری و سەرکەوتن. دە ساڵی پڕ هەورازو نشێو و هەڵچون و نیشتنەوە، پێشکەوتن و پاشەکشە کە لە ئەنجامدا هەڵکشان بەرەو پێشچوون و گەشەکردنی کوردایەتی و شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرهەمەکەیەتی، دە ساڵی پڕ گیانبازی و خۆبەخشین بە شۆڕش و بە گەل و نیشتمان لەلایەن ٥ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ٦ ئەندامی سەرکردایەتی و ٥ ئەندامی سەرکردەی ئەفسەرو ١٢ سەرکردەی تیپ و دەیان و دەیان فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەدان و سەدان کادیری سیاسی و پێشمەرگایەتی و هەزاران پێشمەرگەی دڵسۆزی کوردستانەوە.

هەر بۆیەش ئەمڕۆ کە بە سەربەرزی لە ناوچەی رزگاری کوردستاندا بەسەر دەبەین و کوردایەتی و شۆڕشمان گەیاندۆتە ئەم پلەیەی ئێستامان، لە پێش هەمواندا خۆمان بە قەرزار و ئەمەکداری ئەو شەهیدە قارەمانانە دەزانین کە ئەمڕۆ لە بیرەوەریی دەیەمین ساڵی شۆڕشدا سەری رێزو ئیجلالیان بۆ دادەنەوێنین، (ئەو شەهیدانەی) کە بە گیانبازی و فیداکاریی خۆیان ئەم هەموو سەروەری و سەرکەوتنانەیان بە خوێنی خۆیان بۆ تۆمار کردوین. دە با هەزار سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی نەمر، شەهاب شێخ نوری، شاسوار جەلال، عەلی عەسکەری، جەمال تاهیر، خالید سەعید، شێخ حسێن بابە شێخ، جەعفەر عەبدولواحید، سەعدی عەزیز، مامۆستا عەزیز مەحمود عەلی، برایم عەزۆ، حەسەن خۆشناو، جوامێر سایەمیر، سەید کەریم هاودیانی، جەمال خۆشناو، رەوف مستەفا بەگ، فەیسەل رەشید تاڵەبانی، جەمال عەلی باپیر، محەمەد مەحمود محەمەد باخ (شەماڵ)، شەفیق زاهیر کەریم، ئەنوەر حەسەن، سەرباز ئەحمەد، نازم حەمەی سلێمان، ئەحمەد مەولود، مامە ریشە، عەلی چوارتایی، حەسەن عەبدوڵڵا، مەحمود حاجی فەرەج کۆکۆیی و دەیان و سەدان کادیری تری سیاسی و پێشمەرگەیی کە لەم شۆڕشەدا شەهید بون، ئەوانەی کە سەرقافڵەی شەهیدانی ئەمجارەی شۆڕشەکەمان بوون، ئەوانەی نیشانەی دڵسۆزیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون بۆ شۆڕش و کوردو کوردستان کە قارەمانی نیشتمان و هەمیشە زیندوی گەلەکەمانن.

هاوڕێیانی تێکۆشەر

خوشك و برایانی خەباتگێڕ
جەماوەری دڵسۆزی کوردستان

بەڵێ دە ساڵی رابردووی مێژووی گەلەکەمان دە ساڵی پڕ فیداکاری و کوێرەوەری و سەروەری و سەرکەوتن بووە، دە ساڵی دژوارو سامناك و پڕ خەبات و بەربەرەکانێی جوامێرانەو دلێرانە بووە، سەبارەت بەوەی کە:

شۆڕشەکەمان لە دوای ئاشبەتاڵە شومەکە دەستی پێ کردووە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە تاریکیی ئاشبەتاڵ و شەوەزەنگی داگیرکەرە عەفلەقییەکان کوردستانیان رەشپۆش کردبوو، رەشپۆشییەك کە دڵ و دەرونی زۆربەی خەڵك و دۆست و دوژمنانیشی گرتبوو. ئەوێ دەمێ بەزیوەکان وایان بڵاوکردەوە کە درێژەدان بە شۆڕش مەحاڵە، مایەی فەوتان و تیاچوونی یەکجارەکیی کوردو کوردستانە. دوژمنی داگیرکەریش مەستی سەرکەوتنێکی رەچاونەکراو بوو، سەرکەوتنێك کە بە زیندەخەویش نەدەهاتە دی، چونکە هەرگیز پێی وا نەبوو شۆڕشێکی چواردە ساڵە کە خاوەنی پتر لە سەد هەزار چەکدارو سەدان تۆپ و دەیان سام ساگەرە، دەیان چەکی دژە فڕۆکەو هەزاران رەشاش، دەیان ملیۆن فیشەك و دەیان ملیۆن دینار بوو، شۆڕشێك کە پتر لە سەدی نەوەدی خەڵکی کوردستانی لەگەڵدا بوو، وا بە چاوتروکانێك هەرەس دێنێت و بڵاوەی پێ دەکرێت و لەناو دەبرێت، بۆیە ئەویش وا لە خۆی بایی ببوو کە لە هیچ شتێ سڵ نەکاتەوەو بگرە پەلە بکا لە بەدیهێنانی نەخشە گڵاوەکانی خۆی، نەخشەی فەوتاندنی کوردایەتی و کوردەواری و تەعریب کردنی کوردستان و لەناوبردنی نەتەوەی کورد، هەر بۆیەش دەستی دایە سیاسەتی راگواستنی سەر سنورەکان و کۆچ پێ کردنی جوتیارانی کوردستان و سڕینەوەی شوێنەواری دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق.

عەفلەقییە رەفتار فاشییەکان کە بە بیروباوەڕی شۆڤێنیی کوێرانە فرچك (گۆش) درا بون، خێراو بەڕەسمیش ئەم نەخشە شۆڤێنی و ئیستیعمارییە ئیستیتانییەی خۆیان ئیعلان کردو لە بەیاننامەی کۆنگرێسی نەتەوەیی یانزەهەمیاندا رایانگەیاند کە کوردستان خاکی عەرەبەو هەتا هەتایەش هەر عەرەبستان دەبێت. جا لەو سات و کاتەدا کە کوردەواری و کوردستان لە مەترسیی فەوتاندا بوون، نەدەکرا بەشێنەیی و لەسەرخۆ خەباتی سیاسی درێژە پێ بدەین، بەڵکو پێویست بوو ئێمەش، ئێمەی خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی کوردستان و کورد بکەوینە خۆمان و ملی ئەو تاکە رێگایەی خەبات بگرین کە هەر بە تەنها بۆمان مابۆوە، ئەویش خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگانە بوو. تەنانەت پێش ئەوەی بە تەواویش بتوانین رەگ و ریشەی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە شێنەیی لە ناو جەماوەردا دابکوتین. هەر بۆیەش زۆر کەس پێیان وا بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مل لە چەقۆ دەخشێنێت و رێگای هەڵدێرانی گرتۆتە بەرو بە پەلە پەل و هەڵپەهەڵپ بە رێگای نەهاتدا دەڕوات، بەتایبەتی کە زۆر دۆستیش و زۆر چاودێری زانای بێگانەش پێیان وا بوو بە دەیان ساڵی تر ئینجا کوردایەتی لەو شکستەی ئاشبەتاڵ راست دەبێتەوەو رەنگە بتوانێت خەباتەکەی جۆش بداتەوە.

زۆر کەس دەیانگوت چۆن بە هێزێکی ساواو لات و بێکەس و لاوی بێ تەجروبەی وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شۆڕشێك دەکرێت کە بە دەیان هەزار پێشمەرگەو سەدان تۆپ و هەزاران رەشاش و دەیان ملیۆن دینار نەکراوە؟ ئەویش لە دژی کێ؟ لە دژی دوژمنێکی بەهێزو بەتواناو دەوڵەمەندی وەك حوکمی عەفلەقی کە دەستی دۆستایەتیی بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوا درێژ کردووەو خاوەنی سەدان

فرۆکەو سەدان تانك و هەزاران تۆپ و سەدان هەزار چەکدارو سەروەت و سامانی زۆرو زەوەندی نەوتی کوردستان و نەوتی عەرەبستانی عیراقە. لە ئاستی ئەو گوتانەو ئەم بۆچونانە، سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لاسارانەو سەرسەختانە نەدەجولایەوە. بە جورئەت و لەخۆبوردووانەو دلێرانە هاتبوە کایەکەوە، بەلام ژیرانەو وردبینانەش وەزع و هەلومەرجە بابەتییەکانی کۆمەڵی کوردستان و عیراق و ناکۆکییە توندوتیژەکانی ناو کۆمەڵی هەڵسەنگاندبوو، باش و ژیرانە لە هەلومەرجە بابەتییەکانی شۆڕش گەیشتبوو و جوامێرانەو ئازایانە و گورج و گۆڵانەش ملی نابووە بەدی هێنانی هەلومەرجە زاتییەکانی شۆڕش.

سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێی وابوو ناکۆکییە توندوتیژەکانی کوردستان و کێشەی رەوای کورد کە نمونەیەکی زیندوی ئەو ناکۆکییانەیە، لابەلا نەکراون و ئازاردان و زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و چینایەتی تا دێ لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان توندوتیژترو بەتین و تەوژمتر دەبێت. لە مەشەوە گیانی بەربەرەکانێ و خەباتی شۆڕشگێڕانە جۆش دەدرێت و بۆ جۆشدانەوەی خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەو هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە کوردستاندا، تەنها رێکخستن و هۆشیارکردنەوەو سازدانی هێزو توانای کۆمەڵانی خەڵکمان دەوێ. ئەو شۆڕشەی کە پێمان وابوو- وەك رووداوەکانیش راست و دروستیی ئەو بۆچونەی ئێمەیان ساغ کردەوەو سەلماند- هەلومەرجە بابەتییەکانی هەر ماون و هەر لە کایە دان، کڵپە سەندنەوەی تەنها هەڵگیرسانەوەی دەوێت.

لێکدانەوەی ژیرانەو عیلمییانەی کۆمەڵی کوردو مێژوی کوردستان و زانینی رەوتی ململانێی ناکۆکییەکانی کۆمەڵی کوردەواری هەر ئەم راستییانە دەدا بەدەستەوە:

١-تەیاری گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کە بەپێی قانونەکانی، بایەخی خۆی لە جولان و گەشەکردندا هەر دەبێت و ئەمڕۆ (ئەو قانونانە) خۆیان لە خەباتی رزگاریدا دەنوێنن. رزگاری لە زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و چینایەتی، واتە خەباتی رزگاریی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی کە دوو بەشی توند پێکەوە گرێدراوی لەپسان نەهاتوی خەباتی بابەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن.

هەر بۆیەش هیچ هێزێك نیە بتوانێ هەتا سەر، بە یەکجاری، ئەم خەباتی رزگاریی نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەی خەڵکی کوردستان دابمرکێنێتەوەو لەناو بەرێ. ئاشبەتاڵیش شکان و تیاچونی ئەو خەباتەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەبوو بە قەدەر ئەوەی شکانی جۆرێك سەرکردایەتی و چەشنێك رێبازو جۆرێك پەیوەندیی ناوەوەو دەرەوەی ئەو سەرکردایەتییە بوو. بۆیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێی وابوو خەڵکی کوردستان هەر ماون و خەباتی بابەتییانە هەر درێژەی هەیەو ناکۆکییە توندوتیژەکانی ناو دەرونی کۆمەڵ، بەتایبەتی ناکۆکیی دوژمنانەی نێوان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و داگیرکەرانی عەفلەقی هەر ماوەو هەر لە پەرەسەندن و توندوتیژبونەوەدا دەبێ، بەجۆرێك کە تەقاندنەوەی، کارێکی زۆر دژوارو زۆر دور نابێ.

٢-سەبارەت بە هەلومەرجی بابەتی و تایبەتیی کۆمەڵی کوردو مێژوی کوردستان، خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری بۆتە رەوت، شۆڕشی چەکداریش بۆتە رێبازی خەباتی رزگاریی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان. خەباتی سیاسی و تەنزیمی و دیموکراتیش بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدارەوە گرێ دراون و ئەم خەباتە لە کوردستاندا خۆی بە شێوەی شەڕی پێشمەرگانە دەنوێنێت، بە جۆرێك کە بێ بەرپاکردنی

خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانە، ڕێکخستن و خەباتی سیاسی نەك هەر پەرە ناسەنێ و گەشە ناکا، بگرە خۆیشی لەبەر زەبروزەنگی کۆنەپەرستانەی دوژمن ڕاناگرێت. بۆیە تەنانەت بۆ گەشەپێدانی ڕێکخستنەکان و خەباتی سیاسی و فیکری و ئەدەبی و چینایەتی و پیشەیی و دیموکراتیش، هەر خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانە پێویستە.

٣-بە ڕەچاوکردنی ئەم دوو ڕاستییە گرنگەی سەرەوەو بە هەوڵ و کۆششی ژیرانەو دلێرانەو جوامێرانەی شۆڕشگێڕانی هۆشیارو بە لەخۆبوردن و فیداکاری و ئازایی و هەڵمەت و گیانبازیی ئەو شۆڕشگێڕە هۆشیارانە دەتواندرێت لەناو شەوەزەنگی داگیرکردن و تۆقاندنی عەفلەقییە ڕەفتار فاشیستەکان، دەست بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدار بکرێتەوە، هەرچەند دەشمانزانی زۆریش پڕ کوێرەوەری و فیداکاری و ناخۆشییە بەو شەرتەی هێزی ڕێکخەرو ڕێبەری بۆ دروست بکەین.

٤-هەر بۆیەش شێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانمان هەڵبژارد بۆ ڕێکخستن و سازدان و ڕێبەری کردنی تەیارە زیندووەکانی ناو کۆمەڵی کوردستان، تەیارە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی کە هێزەکانی شۆڕشی کوردستان لە ڕوی بابەتییەوە پێك دەهێنن. هەر ئەو ڕاستییەش بوو کە لە دروشمێکی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەمجۆرەی خوارەوە داڕێژراوە:

«یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کار بۆ ڕێکخستنی هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی شۆڕشی کورد بە شێوەی یەکێتییەکی نیشتمانیی دیموکراتییانە دەکات. ئەم یەکێتییە دەرفەتی پێکەوە ژیانی ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکان و یەکگرتنەوەی تێکۆشەرانەیان بە شێوەیەکی پتەوو تۆکمە دەڕەخسێنێ، ئەویش بە سەرکردایەتیی ئەو پێشڕەوە شۆڕشگێڕە کوردستانییەی کە لەڕەوتی خەباتدا پەیدا دەبێت».

ئەم بڕگەیە هەمیشە بەسەر لاپەڕەکانی (ڕۆژنامەی) شەرارەی خوشەویستدا دەبریسکێتەوە.

جا بە ڕەچاوکردن و بەکارهێنانی ئەم ڕاستییانەو لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی عیلمی و شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینە، نەك هەر توانیمان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابمەزرێنین، بگرە توانیشمان ستراتیجی ڕاست و دروستی شۆڕشگێڕانەش دابڕێژین و پاشان شۆڕش هەڵگیرسێنینەوە.

ستراتیجی شۆڕشگێڕانەشمان ئامانجی سەرەکی و هێزە سەرەکی و پێشڕەو و دۆست و هاوپەیمان و ناحەزو دوژمنەکان و ڕێباز و ئاراستەکردنی گورزی سەرەکیی خەباتەکەمانیان بەمجۆرەی خوارەوە بۆ دیاری کرد:

ئامانجی سەرەکیمان ڕزگارییە، ڕزگاری لە زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی کە ئەمەش بە پاراستنی کورد و کوردستان دەبێت لە هێرش و هوروژمی فاشیستانەی عەفلەقییەکان کە گەرەکیانە تەفروتونایان بکەن، ئینجا بە سەندنەوەی مافی چارەی خۆنوسین و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسیی سەربەخۆی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە کوردستانی خۆمان کە ئەمەش کلیلی کردنەوەی هەموو گرێ کوێرەکانی گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و خوێندەوارییە.

ئینجا دامەزراندنی حوکمێکی دیموکراتیی نوێ، نەك دیموکراسیی بورژوازی، بەڵکو حوکمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حوکمێکی دیموکراتی نوێ و شۆڕشگێڕ کە بەرەو سۆشیالیزم هەنگاو دەنێت، سۆشیالیزمی عیلمی و ڕاستەقینە. هێزە سەرەکییەکەی شۆڕشەکەمان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، کرێکاران و ڕەنجدەرانی بیرو بازوو، جوتیاران و کاسبکارانی نیشتمانپەروەر و خوێندکاران و

پیشەوەرە نیشتمانپەروەرەکان و هەموو دڵسۆزانی تری کورد و کوردستان. هێزی پێشڕەویش لەڕوی بابەتییەوە چینی کرێکار و ڕەنجدەرانی بیرو بازووی کوردستانە و لە هاوپەیمانییان لەگەڵ جوتیاران و کاسبکاران و خوێندکاران و پیشەوەرە نیشتمانپەروەرەکان، بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی، یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت، پێکدێ.

دوژمنی سەرەکیشمان حوکمی بورژوازیی بیرۆکراتی مشەخۆرو داگیرکەری عەفلەقییە، دوژمنە سەرەکییەکانی تریش بریتین لە دەرەبەگایەتی و بورژوازی و بەکرێگیراوی بێگانە و مشەخۆر و چڵکاوخۆری داگیرکەران، لەگەڵ هەموو ئەو نیشتمان فرۆشانەی کە خۆیان بە دوژمن فرۆشتووەو بونەتە تاژیی رستکراوی دەستی داگیرکەر بۆ ڕاوکردنی ڕۆڵەکانی کوردستان.

واتە لێرەشدا خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی (نەتەوایەتی) لەگەڵ خەباتی ڕزگاریی کۆمەڵایەتی (چینایەتی) تێکەڵاو دەبنەوەو دەبەسترێنەوەو لێك جیا ناکرێنەوەو وەك دوو ڕەوڕەوەکەی مێژویان لێ دێت یان وەك دوو قاچەکەی مرۆڤیان لێ دێت کە دەبێت لە خەباتەکەمان لەسەر هەردوکیان بڕۆین.

دەوڵەتە کۆنەپەرست و ڕەفتار فاشیستەکانی داگیرکەری کوردستان و ئیمپریالیزمی دنیاو زایۆنیزم و کۆنەپەرستانی تریش دوژمن و ناحەزانی دەرەوەمانن، لەکاتێکدا هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی گەلانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، هاوپەیمان و دۆستی کوردایەتی و شۆڕشەکەمانن. هەر بە زانینی ئەم ڕاستییەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتادا ئەو دروشمەی خوارەوەی داڕشت کە هەمیشە لەسەر لاپەڕەکانی (ڕۆژنامەی) ڕێبازی نوێی خۆشەویست دەدرەوشێتەوە:

«لەم چەرخەدا شۆڕشی نیشتمانیی کورد شۆڕشێکی ڕزگاریخوازانەو دیموکراتیی نوێیە. هەر پارتێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ دەتوانێت دەوری پێشڕەوی تیا بگێڕێ (نەك ڕابەرایەتییەکی خێڵەکی یان بورژوازی) و دەبێ هاوپەیمانی هەر لەگەڵ دۆستەکان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و ئێران و تورکیا بکرێ (نەك لەگەڵ کۆمەڵ و حکومەتە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکان) و لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی شۆڕشگێڕو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارو وڵاتە سۆسیالیستەکان (نەك ئیمپریالیزم و سەهیۆنیەت و دامودەزگا بورژوازییەکان)».

لەم سەردەمەدا ڕێبازی خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەی هاوبەش، هاوخەباتە لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و عیراق بە خەباتی پێشمەرگانەو سیاسی و فیکری و پیشەییشەوە بە هەردوو جۆرە سەرەکییەکەشەوە، واتە خەباتی ڕزگاری و چینایەتی.

گورزی سەرەکی لەم قۆناغەدا کە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی نوێ و شۆڕشگێڕانەیە، دەبێ ئاراستەی دوژمنی ڕەئیسی بکرێ کە داگیرکەری ڕەفتار فاشیستە چونکە ناکۆکیی توندوتیژو ڕەئیسیمان لەگەڵ ئەو داگیرکەرە دایە چونکە سیاسەتە شۆڤێنییەکەی، سیاسەتی ئیستیعماری ئیستیتانی، ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە مان و بونی نەتەوەکەمان و نیشتمانەکەمان دەکات، بەڵام ناکۆکییە سەرەکییەکانیش وەك ناکۆکیی کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجدەرانی تری بیرو بازوو لەگەڵ پاشماوەی دەرەبەگایەتی و بورژوازیی خۆفرۆش و مشەخۆری کوردو نۆکەرانی تری داگیرکەران هەر لە کایە دایەو هەر کاری خۆی دەکات، جا لە پلەی دووەمدا بێت یان پاشکۆی ناکۆکیی سەرەکی بێ.

جا بەم پێیە، دەبێت لەم پلەیەی خەباتەکەماندا زۆر گرنگی بە کۆکردنەوەی هەموو هێزو تواناکانی خەڵکی کوردستان لە دژی داگیرکەران و سیاسەتەکەیان، سیاسەتی ئیستیعماری ئیستیتانی و تەفروتوناکردنی کوردەواری و کوردستان، بدەین. دەبێ هێزو توانای هەموو حزب و ڕێکخراوەکانی دوژمن بە داگیرکەرو سیاسەتە سامناکەکەی یەکخەین و ڕێکخەین و ساز دەین و ئاراستەی ئەو دوژمنە خوێنخۆرو شەل و کوێرە هیچ نەبوێرەی بکەین.

لەم ڕاستییەشەوە دروشمی ڕاست و ڕەوای ئاشتبوونەوەی گشتی و پێکهاتنەوەی هەموو هێزە کوردییەکانی دوژمن بە میریی داگیرکەر سەرچاوە دەگرێت، واتە ئەم ڕاستییە بنەوان و سەرچاوە مێژوییەکەیەتی.

هەر بۆیەش پێویستە ئەم ڕاستییە دوپات بکەینەوە کە بە لای ئێمەوە دروشمی ئاشتبونەوەی گشت هێزەکانی دوژمن بە میریی داگیرکەر، لەم قۆناغەی خەباتەکەماندا دروشمێکی سەرەکی و گرنگە، دروشمێکی زۆر گرنگ و پێویستە کە بە هیچ شێوەیەك بۆ چاوبەستەکی و دەست پێ گەرم کردنەوەو کات بەسەربردن نیە، هەر بۆیەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەمێکە سورە لەسەر بەرزکردنەوەو بەدی هێنانی ئەم دروشمە.

هەر بۆیەش بە هەموو هێزو تواناوە درێژە بە خەباتە ڕەواکەمان دەدەین بۆ بەدی هێنان و جێبەجێ کردنی، بێ گوێدانە گیروگرفتەکانی ئەم ڕێگەیەش، بەجۆرێك کە بەدی هێنانی ئەم ئەرکەی ئاشتبونەوەو پێکهاتنەوەی هەموو هێزەکانی دوژمن بە میری بە دووەمین ئەرکی سەر شانی خۆمان دەزانین و بەلای ئێمەوە ئەهەمیەت و گرنگییەکەی لە دوای ئەرکی پاراستن و گەشەپێدانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دێت کە ئەمەی دواییان بە ئەرکی یەکەمینی خۆمانی دەزانین.

دیارە ئەم ئاشتبونەوەو پێکهاتنەوەیە دەبێت بکەینە سەرەتاو بناغەیەك بۆ دروست کردنی بەرەی ڕزگاریی کوردستان و بەرەی نیشتمانیی فراوانی عیراق کە بە لای ئێمەوە ئەمەش ئەرکێکی گرنگ و بایەخداری سەر شانمانە. هەروەك دەبێ هەمیشە هاوکاری و هاوخەباتیی نێوان هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانیشمان وەك ئەرکێکی پیرۆز لەبەرچاو بێت.

هەڤاڵانی شۆڕشگێڕ

خوشك و برایانی دەلال

خەباتی بێ وچان و بێ پشووی دورو درێژو نەبەزانە بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئەو ئەرکانەی سەر شانمان، ئەمڕۆ لە هەموو سات و کاتێك زیاتر پێویست و بەکەڵکە، بەتایبەتی سەبارەت بەم ڕاستییانەی خوارەوە:

یەکەم: گەشەپێدان و هەڵچواندن و پەرەپێدانی سەرکەوتنە سیاسی و پێشمەرگەییەکانمان شەرتی سەرەکین نەك هەر بۆ نزیکبونەوەمان لە سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا بەڵکو بۆ پاراستنی خودی ئەو سەرکەوتنانەش، چونکە مەست بوون بەو سەرکەوتنانە، خۆ گێژکردن بە هەوای لاف و گەزافی ئەو سەرکەوتنانە، هەڕەشەی لە دەستدانی ئەو سەرکەوتنانەمان لێ دەکەن و دەیانخەنە مەترسیی پاشەکشەو گلۆربونەوەشەوە.

بەڵێ ڕاستە لەو ١٠ساڵەی ڕابردودا، بە خوێنی گەشی هەزاران شەهیدی نەمر چەندین سەرکەوتنی مێژوویی و مەزنمان تۆمار کردووە، وەك:

- هەڵساندنەوەو بوژاندنەوەو جۆشدانەوەی جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی و دیموکراتی خەڵکی کوردستان (کوردایەتی ) لە دوای ئاشبەتاڵە شومەکەوە.

- هەڵگیرساندنەوەی ئاگری پیرۆزی شۆڕشی پارێزگاریی کوردو کوردستان، رزگاریی چینایەتیی خەڵکی کوردستان و گەشەپێدان و پەرەپێدانی شۆڕشەکە بۆ قۆناغی ئێستای خۆی کە هەزاران پێشمەرگەی هەیەو هەزاران پێشمەرگەی پشتگیریشی هەیە و بۆتە خاوەنی چەندین دەزگای پێشمەرگایەتی و دەسەڵاتداری و سیاسی و مالی و خوێندەواریی خۆی. ئەمانە دوپات کردنەوەی ئەو راستییەن کە گەلی کورد زیندووەو کوردایەتی هاتۆتەوە جۆش و خرۆش، کێشەی رەوای نەتەوایەتیی کوردیش هەر چاوەڕوانی چارەسەرە دیموکراتییە رەواکەیەتی، بەبێ ئەوەی دوژمن توانیبێتی گەلی کورد لەناو بەرێت یان شۆڕشەکەی دابمرکێنێتەوە.

- راگەیاندنەوەی دەنگی کوردستان، دەنگی شۆڕش و خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان بە گوێی گەلانی رۆژهەڵات و دنیادا.

- زەمینە خۆش کردن و هاوکاری کردن و بەشداربون لە بوژاندنەوەو سازدانەوەی رێکخراوە دیموکراتی و پیشەییەکانی خوێندکاران و ئەدیبان و هونەرمەندانی کوردستان.

- داهێنانی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی لادێکانی کوردستان کە نمونەیەکی زیندوی دەسەڵاتداریی خەڵك و کوردستانی دوارۆژ دەبێت.

-هاوکاری و کار کردنە سەر جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی عیراق و کوردستان بۆ هەڵساندنەوەو جۆشدانەوەیان و دارشتنی بناغەیەکی راست و دروست بۆ هاوکاری و هاوخەباتی.

دروست کردن و هێنانە کایەی بنکەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستانی عیراق کە پشتیوان و هاندەری کۆمەڵانی خەڵکی شارو شارۆچکەکانی کوردستانە، کە پەناگەو شوێنی رزگاربونی دەیان هەزار لاوی راکردووە لە دۆخی شەڕو قەسابخانەکەی قادسیە شومەکە.

بەڵام هەموو ئەو سەرکەوتنانەو چەندین سەرکەوتنی تری ئەو ١٠ ساڵەی شۆڕشەکەشمان، نابێ تۆزقاڵێك خاومان بکاتەوە یان گەشکەگیری سەرکەوتنمان بکات و توشی لەخۆباییی بون و خۆ بەزلزان و خۆ لێ گۆڕانمان بکات، بە جۆرێك کە ئیتر پێمان وا بێت کارەکەمان لە تەواوبون دایە. بەپێچەوانەوە دەبێ ئەمە هاندەر بێ بۆ جۆشدانی خەبات و فیداکارییەکانمان، بۆ خستنە گەڕی هەموو وزەو توانای خۆمان و گەلەکەمان و هێنانە جۆش و خرۆشی خەباتی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و عیراق، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیموکراسی بۆ عیراق و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کوردو رزگارکردنی عیراق و کوردستان لە دۆخی شەڕە شومەکەی قادسیەی دۆڕاوی عەفلەقییەکان، بەتایبەتی لەم سەردەمە دژوارو پڕ مەترسییەدا کە هەڕەشەی تیاچون و فەوتاندن لە کوردو کوردستان و گەلی عیراقیش دەکرێ، وەك لە خوارەوە باسی دەکەین.

دووەم: ئەمڕۆ گەلی عەرەبی عیراق و خەڵکی کوردستان توشی شەڕێکی خوێناوی و وڵات کاولکەرو خۆترێنی قادسیەی عەفلەقییەکان هاتون، ئەو شەڕەی کە عەفلەقییەکان بەفیتی ئیمپریالیزم و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی عەرەب و نۆکەرانی شای گۆڕبەگۆڕ بەسەر گەلانی ئێران و عیراقیان سەپاندووە. عەفلەقییەکان وا لە خۆیان گۆڕا بون و وا پف درا بون کە پێیان وابوو ئەو شەڕەی لەدژی ئێران هەڵی دەگیرسێنن هەر تەنها «گەشتێکی عەسکەریی» تر دەبێت و هەر زوو چۆك بە کۆماری ئیسلامی دادەدەن و خۆیشیان تاجی سەرکەوتنێکی کتوپڕ دەخەنە سەری خۆیان و بەسەر ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی عەرەب لاف و گەزافی پێوە لێ دەدەن و پێیان

دەڵێن: فەرمون، ئێمەین سەر بە شۆڕشی ئێران دادەنەوێنین. کەچی نە شاو نە ئەرتەشەکەی شاو نە ئاغا ئیمپریالیستەکانی شا هیچیان لەگەڵ ئەم شۆڕشە پێ نەکرا.

کەواتە دەبێ بیسەلمێنین کە حوکمی عەفلەقیی عیراق شایستەی ژاندارمی کەنداوە، شایستەی شاباش و ئافەرینی هەموو لایەکیانە. بەڵام ئەمجارەیان حیساباتی عەفلەقییەکان وردو هێژا نەبوو، ئاواتەکەیان پێ نەهاتە دی، بەڵکو کەوتنە ناو زەلکاوی شەڕی زۆرداران، کەوتنە ناو جەهەننەمی شەڕی پەلاماردەرانەو خوێنڕێژان. لەو شەڕەدا هەموو پاشەکەوتی دارایی عیراقیان بەفیڕۆ دا. واتە دەیان هەزار ملیۆن دیناریان بە خۆڕایی لە دەست گەلی عیراق دا، سەدان هەزار لاوی عیراقیان بە کوشتن دا یان بە سەقەت کردن دا یان بە بریندارو ئیفلیج کردن دا. چەك و جبەخانەیەکی زۆرو زەوەندیان تەقاندەوە. سەدان تانك و تۆپ و فڕۆکەیان لە دەست عیراق داو زیاد لە پەنجا هەزار ئەسیریشیان بە ئێران داوە.

شەڕە شومەکەی قادسیەی ئەمڕۆ بۆتە عەزیایەك و لە گەردنی عەفلەقییەکان ئاڵاوە. بە هەزار دادو فیغان، بە هەموو جۆرە پاڕانەوەو خۆ هاوێشتنە ماڵان و دەست ماچ کردن، رزگاریان نابێت. وڵاتی گەورەو کاریگەر نەما سەر نەکەن بە دەرگاکەیداو پەنا نەبەنە بەر سەرکردەو کاربەدەستەکانیان، رێکخراوو سازمانی جیهانی نەماوە هانای بۆ نەبەن. گۆڕی پیرو چاکان نەما خێرو بەرەکاتی بۆ نەکەن، خودا خودایانە بە جۆرێك لەو قادسیە شومەی خۆیان رزگاریان بێت تا ئەو شەڕەی وەك عەزیا لە گەردنیان ئاڵاوە لە کۆڵیان بێتەوە. هەر چۆنێك هەیە بە ساغ و سەلامەتی بۆی دەرچن و لێی بێنە دەرەوە. هەر بۆیەش بونەتە ئاشتیخوازو داوای دەستبەجێ راگرتنی شەڕ دەکەن. بەڵام هەرچەند ئەم شەڕە شومەی عەفلەقییەکان بەسەر عیراق و ئێراندا سەپاندویانە، بووەتە مایەی کوێرەوەری و کوشتارێکی گەلێ زۆرو بووەتە هۆی کاول کردنی دەیان شارو هەزاران دێهاتی ئێران و عیراق کە بەشێکی زۆریان لە کوردستانی ئێران و کوردستانی عیراق دان، هەرچەند ئەم شەڕە زیانێکی یەکجار زۆری بە ئابوریی عیراق و ئێران و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سەنعەتی و خوێندەواری و ئاوەدانیی هەردوو دەوڵەتی ئێران و عیراق گەیاندووە، هەرچەند ئەم شەڕە هێز و توانای عەسکەری و ئابوری و سیاسیی عیراق و ئێرانی بە فیڕۆ داوە و بۆتە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی عەرەبیش توشی ناکۆکییەکی زۆرو زەوەند بێن و لە جیاتی بەگژاچونی دوژمنە سەرەکییەکانی نەتەوەی عەرەب کە سەهیۆنیزم و ئیمپریالیزمن، بەر ببنە گیانی یەکتری، کە ئەمەش هەموی ئۆباڵەکەی هەر لە ئەستۆی عەفلەقییە شەڕ هەڵگیرسێنەرەکان دایە.

بەڵام دیسان راگرتنی کتوپڕی شەڕی ئێران-عیراق پێش روخاندنی حوکمی عەفلەقی هەر دەکاتە رزگارکردنی حوکمی خوێناوی و شۆڤێنی و رەفتار فاشیستی عەفلەقی لە عەزیای شەڕ کە لە گەردنی ئاڵاوە، هەر دەکاتە ئەوەی کە عەفلەقییە تاوانبارەکانی جەنگ وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچن و بە سوك و سانایی، لەو دۆزەخەی کە بە دەستی خۆیان، خۆیان و گەلانی عیراق و ئێرانیان تێخزاندووە، بێنە دەرەوە، تەنانەت بێ ئەوەی عیراق، بە گەلی عەرەب و خەڵکی کوردستانیشەوە، لەو جەهەننەمەی شەڕی قادسیە شومەکەش رزگاری ببێت، چونکە ئەوسا هەموو ئاگری شەڕە شومەکە هەر بەر دەدرێتە گیانی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و شەڕێکی سەختی خوێناوی و دڕندانە لە دژی گەلی کوردو دڵسۆزانی عیراق درێژە پێ دەدرێت، واتە ناکاتە راگرتنی شەڕ چونکە شەڕ لە دژی گەلی عیراق و خەڵکی کوردستان هەر درێژەی دەبێت، بەڵکو دەکاتە

ئازادکردنی حوکمی ڕەفتار فاشیستی عەفلەقی لە شەڕکردن لەگەڵ ئێران تا بپرژێتە سەر بەگژاچوون و تەفروتوناکردنی کوردەواری و شۆڕشی کوردستان و جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی عیراق.

دیارە نابێ کەس لە دەربڕینی ئەم ڕاستییانە وا تێ بگات کە ئێمە شەڕخوازو ئاگر خۆشکەری جەنگی ئێران- عیراقین.

نەخێرو سەد جار نەخێر. ئێمە لایەنگری نەهێشتنی شەڕەکەین. بە هەموو هێزو توانامانەوە بۆ دوایی هێنان بە هەموو ئەو کوشت و کوشتاروماڵوێرانی و کارەساتانەی شەڕەکە بەسەر گەلانی عەرەب و کوردو فارس و ئازەرو گەلانی تریاندا هێناوە، خەبات دەکەین. هەر بۆیەش لایەنگری دروشمی دەستبەجێ وەستاندنی شەڕی نێوان ئێران و عیراق نین، چونکە بەم دروشمە شەڕەکە دوایی نایەت و عیراق و کوردستان و ئێران لە مەترسییە زۆرو زەوەندەکانی ئەژدیهای عەفلەقی ڕزگاریان نابێت. بەپێچەوانەی ئەو دروشمەوە کە عەفلەقییەکان خەونی پێوە دەبینن، کە عەفلەقییەکان هەزاران خێرو سەدەقە لەپێناویدا دەکەن، تەنها ڕێگەی دوایی هێنانی شەڕەکەو ڕزگاربونی گەلانی عەرەب و کوردو ئێران لەو شەڕەو لە مەترسییە زۆرو سامناکەکانی هەر ڕوخاندنی حوکمی عەفلەقییەو هەر لەناوچونی ئەو حوکمەیە. بۆیە خەباتی ڕاستەقینە لەپێناوی براندنەوەی ئەو شەڕە پڕ کارەسات و تاوانانەی کە عەفلەقییەکان هەڵیان گیرساندووە، هەر دوایی هێنانە بە حوکمی عەفلەقییەکان.

لێرەدا پێویستە ئەم ڕاستییەش لەبیر نەکەین کە دژوارییی وەزعەکە هەر لە کارەسات و کوێرەوەرییەکانی شەڕەکەدا خۆی نانوێنێت، هەر لەوەدا نیە کە میری ڕەشبگیری بەسەر هەموو شارو شارۆچکەکانی عیراق و کوردستانداو بەسەر زۆربەی لادێکانی عیراقدا سەپاندووە، واتە زۆربەی زۆری خەڵکیی فڕێداوەتە دۆزەخی قادسیە شومەکەی خۆیەوە، بەڵکو لەمەشدا خۆی دەنوێنێت کە ئەگەر بێت و عەفلەقییەکان بە ساغ و سەلامەتی لەو دۆزەخە ڕزگاریان بێت، ئەوا بە ئازادی و توانایەکی زۆرەوە سەرقاڵی چارەسەرکردنی گەلێ گیروگرفتی ئەوتۆ دەبن کە ئەمڕۆ هەڕەشەی داتەپاندن لە ڕژێمەکەیان دەکەن. ئەوسا ڕژێمی عەفلەقی بە توانایەکی زۆرەوە بەر دەبێتەوە گیانی دڵسۆزانی ناوخۆی و ناو سوپای عیراق، هەروەك زۆر بە توندی و بەشێوەیەکی دڕندانە بەر دەبێتە گیانی خەڵکی عیراق و شۆڕشی کوردستان. هەروەها ئەوسا میری زۆر زاڵتر دەبێت بەسەر گیروگرفتەکانی ڕژێمەکەیدا، ئیمپریالیزم و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی عەرەب و دنیای سەرمایەداری زۆرتر یارمەتیی دەدەن و پتر دەستی دەگرن، بە تایبەتی کە لە خەتەری فەوتان ڕزگاری دەبێت.

سێیەم: ئەوەی دەربارەی زیانەکانی شەڕە شومەکەی قادسیەی عەفلەقییەکان باس کرا، هەر تەنها لاپەڕە ڕەشەکەی وەزعەکەیە. لاپەڕە سپییەکەشی ئەوەیە کە لەو شەڕەدا هەل و دەرفەتێکی لەبار بۆ بە تەواوی ڕیسواکردن و تاوانبارکردنی حوکمی شەڕخوازی عەفلەقی و هاندان و هێنانە جۆش و خرۆشی کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و کوردستانی بێزار لە شەڕو وەڕسبوو لە درێژەکێشانی ئەو شەڕە، هاتۆتە کایەوە، بە جۆرێك ئەگەر چاك و ژیرانە لەلایەن هێزە شۆڕشگێڕو نەبەزەکانەوە بقۆزرێتەوە، دەبێتە هۆی هەڵچون و پەرەسەندنی توڕەیی و نارەزایی کۆمەڵانی خەڵك و هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی جەماهیریی شۆڕشگێڕانە لە شارەکانی عیراقیش. تاقیکردنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و تاقیکردنەوەی شۆڕشی گەلانی دنیاش هەر ئەو ڕاستییەیان نیشان داوە کە لەکاتی شەڕی کۆنەپەرستانەی نارەوادا

هەل و دەرفەتی باش بۆ هەڵکوتانە سەر رژێمە کۆنەپەرستەکان و روخاندنیان دەڕەخسێت، ئەویش بەوەی کە لە کاتی شەڕدا دروشمی راست، دوایی هێنانی شەڕی زۆردارانەو ناڕەوایە بە شەڕی رەواو شۆڕشگێڕانە، نەك بە دروشمی ئاشتیخوازانەی روکەش.

جا کەواتە پێویستە لەسەر هێزە شۆڕشگێڕە رەسەن و پێشکەوتنخوازە نەبەزەکان ئەو هەل و دەرفەتە بقۆزنەوە کە قادسیە شومەکەی عەفلەقییەکان هێناویەتییە کایەوە، بەوەی کە ژیرانەو نەبەزانە روو بکەنە جەماوەری خەڵك و بچنە ناویان و هۆشیاریان بکەنەوەو سازیان بدەن و رێکیان بخەن بۆ راپەڕینی چەکدارانەی جەماهیری، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ عەفلەقییەکان بە ناچاری سەدان هەزار پارچە چەکیان داوەتە دەست سەدان هەزار کرێکار و جوتیار و لاوو خوێندکار و کاسبکاری عیراق، کە ئەمەش هەرچەند بە نیازی رەشبگیری کراوە بۆ شەڕە گڵاوەکەیان، بەڵام دیسان دەشێ وەری چەرخێنینەوە بە ڕوی عەفلەقییەکانداو خەڵکەکە ئەوەندە هۆشیار بکرێنەوەو وا تێ بگەیەندرێن کە تەنها رێگای رزگاربونیان لە دۆزەخی شەڕەکە رزگارکردنی عیراقە لە حوکمی عەفلەقییەکان تا ئەوسا چەکەکانیان ئاراستەی سنگی دوژمنی چینایەتی و نیشتمانیی خۆیان بکەن کە مایەی هەموو ئەو دەردەسەری و کوێرەوەری و کارەساتانەیە کە بەسەر عیراق و کوردستان و ئێراندا هاتون.

ئەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عیراق و کوردستان

دنیا هەموی هەر شەوەزەنگ نیە، هەموی هەر حوکمی رەفتار فاشیستی عەفلەقی داینەگرتووە، بەڵکو لەبەر بڵێسەی شۆڕشە نوێکەی کوردستان بەشێکی وڵاتیش روناکە. بە خەبات و هەوڵ و تەقەللای ئێوەو هەموو هێزە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان دەتوانین رۆژی رزگاری نزیکتر بکەینەوە. دە با هەمومان دەست لە دەستی یەکترو هێزو پشتیوان لە گەل و لە خوای گەورە، ریزەکانمان پتەوتر بکەین و خەباتەکەمان چاکترو جۆش بدەین و هێزو تواناکانمان یەکخەین و بەرەی نیشتمانیی فراوان پێك بهێنین تا سەربەرزانە پێکەوە رێبەریی شۆڕشی گەلی عیراق بکەین بەرەو سەرکەوتن بەسەر عەفلەقییەکاندا.

دوژمن هەر بە رواڵەت سامناك و بەهێزە. لەڕاستیدا ناوەڕۆك گەندەڵ و پوچەڵە. گرفتاری دەیان کێشەو گیروگرفتی گەورەیە. ئەژدیهای شەڕەکەش لە گەردنی ئاڵاوە. لە دیدی دوارۆژیشەوە شێرە بەفرینەیە.

دە با بە هەمومان هەڵ بکوتینە سەری، گەلی عیراق و خەڵکی کوردستان رزگار بکەین پێش ئەوەی بەرەو وێرانیی تەواوو گرانی و سەفەر بەرلکێکی تریان بەرێت.

ئەی هێزەکانی دوژمن بە میری لە کوردستانی عیراق، دە با ئاشتبونەوەی گشتی و پێکهاتنەوەی گشتی بکەینە سەرەتای یەکخستنی هەموو هەوڵ و تواناو هێزەکانمان لە بەرەی رزگاریی کوردستان و ئینجا بەرەی نیشتمانیی فراوانی عیراق.

ئەی برایانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) دە با هاوکاری و هاوپەیمانیی نێوانمان پتر گەشە بکات و زیاتر جۆشی بدەین و بیکەینە هۆکارێکی پەلە کردن بۆ دامەزراندنی بەرەی رزگاری و بەرەی نیشتمانی.

ئەی هاوڕێیانی حزبی شیوعیی عیراق دە با ئاشتبونەوەو پێکهاتنەوەکەمان بە کارو کردەوە بنوێنین، هاوخەباتی جۆش بدەین لەپێناوی بەرەی نیشتمانیی راستەقینەی عیراقدا.

ئەی برایانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق با ئاشتبونەوەو پێکهاتنەوەمان پیادە بکەین تا لە کۆڕی خەباتدا خۆی بنوێنێت و دڵ و دەرونی

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی پێ ڕون بکەینەوەو باوەڕیان بە سەرکەوتن ئەستورتر بکەین.

هاوڕێیانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

هەڤاڵانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

دە با بیرەوەریی هەڵگیرساندنی شۆڕشە پیرۆزەکەمان و ڕاگەیاندنی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانمان بکەینە هاندەر بۆ توندوتۆڵ کردن و پەرەپێدان و گەشەپێدانی ڕێکخستنەکان لە هەموو شارو شارۆچکەکان و ناوچەکانی کوردستان. خەبات بکەن بۆ چاکتر بژارکردنی ریزەکان و باشتر چەسپاندنی سەرەتاکانی ڕێکخستن و ژیرانەتر بەکارهێنانی شێوەی کاری نهێنی و ژیرانەتر بەستنەوەیان بە چالاکیی شۆڕشگێڕانەو جەماهیری.

بۆ پێشەوە بەرەو بەدیهێنانی هەموو ئەرکەکانی سەر شانتان.

هەڤاڵانی نەبەزو فیداکار

پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخ و شار

ئەی ئەو پاڵەوانانەی هەموو نەتەوەی کورد چاوی لە هەڵمەتی دلێرانەو چالاکییەکانتان و شۆڕشەکەی گەلەکەتانە.

چاکتر پەیڕەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕەچاو بکەن، پتر پەیوەندییەکانی ناوخۆتان بەهێز بکەن. ژیرانە ریزەکانی خۆتان بژار بکەن لە ڕاڕاو هەڵمەتەکاس و روخاوە چەنەبازەکان. چالاکییەکانی خۆتان پەرە پێ بدەن. وەستایانەتر بەپارێزەوە هەڵکوتنە سەر دوژمن، ڕۆژی روناکی لێ بکەنە شەوەزەنگ، شەوەزەنگی داگیرکردنیش بە چەخماخەی چەکەکانتان بڕەوێننەوە.

بۆ پێشەوە بەرەو گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە گورزی پۆڵایینە بە دەستی خەڵکی کوردستانەوە.

بۆ پێشەوە بەرەو دەرپەڕاندنی دوژمن لە کوردستانی خۆشەویست، بەرەو ئەو سەرکەوتنەی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ئێوەی قارەمانی گەرەکە.

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی شارو شارۆچکەکانی کوردستان

ئەی ئەوانەی ژیان لە ژێر چەکمەی داگیرکەر و ڕەفتار فاشیستەکاندا بەسەر دەبەن. ڕۆژانە توشی چەندین کوێرەوەری و سوکایەتی پێ کردن و زوڵم و زۆری داگیرکەران دەبن. رزگاربونتان هەر بە سەرکەوتنی شۆڕشەکەتانە کە لە شاخ و لادێی کوردستانەکەتان هەڵگیرساوە. دە ئێوەش باشتر خۆتان ساز دەن و چاکتر خۆتان ڕێکخەن بۆ هاریکاری کردنی شۆڕشەکەتان و چاکتر بە هانای پێشمەرگەی ناو شارەوە بچن. ئازاترین ڕۆڵەکانی خۆتانیان بۆ تەرخان بکەن تا ژمارەی پێشمەرگەی ڤەشارەتیش لە شارەکان پەرە بسێنێت. زۆرتر بە پارەو دەنگوباس یارمەتیی شۆڕشەکەتان بدەن. خۆتان ئامادە بکەن تا لە ڕۆژی خۆیدا شان بەشانی برا پێشمەرگەکانی ناوشارو شاختان لە دژومن هەڵگەڕێنەوەو بە رویدا بتەقنەوە. چاوتان لە کەسوکاری شەهیدان بێ. ئەمانە ئەمانەتی نیشتمان و شۆڕشن لە ئەستۆتان.

ئەی کرێکارانی شارەکانی کوردستان

ئێوە ڕۆڵـەی ئـەو چینـەن کـە مـێژوو ئـەرکی ڕێبەرایەتیی خەبات و شۆڕشی خستۆتە ئەستۆتان، بۆیە پێویستە باشتر هۆشیار ببنەوە، چاکترو زۆرتر خۆتان ڕێکخەن و هێزەکانتان ساز دەن بۆ بەدی هێنانی ئەرکی مێژویی سەر شانتان.

ئەی نوسەران و هونەرمەندان و ئەی ڕۆشنبیرانی شارەکان، ئەی مامۆستایان و خوێندکاران.

چەکی پێشمەرگە بەبێ چەکی بیر و قەڵەم سەرکەوتن دابین ناکات. هەردوو چەك ئەگەر پێکەوە بخرێنە گەڕو بکەونە کارو هۆش و بیر و دەست و

مەقام و پێکەوە ژیان، سەرکەوتنی شۆڕش دەستەبەر دەکەن.

دەسا ئێوەش باشتر و زۆرتـر خۆتان ڕێکخەن و چاکتر قەڵەم و نوسین و هونەرەکانی خۆتان لە پێناوی شۆڕشدا تیژ بکەنەوە و بخەنە کار.

دە با چالاکی و قارەمانی و فیداکاریی پێشمەرگەی کوردستانەکەمان لە چیرۆك و شیعر و پەخشان و نوسینەکاندا خۆیان بنوێنن.

ئەی خوشکان و دایکانی بەڕێز

ئێوەش نیوەی کۆمەڵی کوردستانن. بێ بەشداری و هاوبەشیی ئێوە لە شۆڕشدا، سەرکەوتن بەدەست نایەت. دە با هەموو خوشکان و دایکانی هۆشیار خۆیان ڕێکخەن و هێزو توانای ئافرەتانی کوردستان ساز دەن تا باشتر و زۆرتر هاوکاریی هێزی پێشمەرگەو شۆڕشە پیرۆزەکەتان بکەن. ڕزگاریی ئێوەش لە زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی و کۆت و زنجیرەکانی کۆنەپەرستانە بەندە بە سەرکەوتنی شۆڕشەکەتان، شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی کە ئەرکێکی، ڕزگارکردنی ئێوەیە.

ئەی هەموو دڵسۆزانی کوردستان یەکگرن چونکە هەر بە ڕێککەوتنی هەموان سەرکەوتن مسۆگەر دەبێ.

دوبارە جەژنی دەیەمینساڵەی شۆڕشە نوێکەتان لەهەموو لایەکتان پیرۆز بێ، چونکە هەر بەڕاستی شۆڕش جەژن و زەماوەندی زۆر لێکراوانە.

هەر شاد و سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

## شوشمێ (ناوبژیوانی)

هەوڵی ناوبژیوانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٤ بۆ کۆتایی هێنان بەگرژیی نێوانیان.

لە ئاکامی پێکدادانی ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٤ (بەرامبەر بە٢٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣)ی نێوان هێزەکانی حزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە شارۆچکەی نەوسودی ناوچەی هەورامان، ١٦ پێشمەرگە شەهید بون: ٣ پێشمەرگەی حزبی دیموکرات و ١٣ پێشمەرگەی کۆمەڵە لەوانە، بەپێی گێڕانەوەی کۆمەڵە، ١٠ پێشمەرگە بەبرینداری بەدیل گیراون و پاشان گوللەباران کراون. لە١٨ی تشرینی دووەمدا نوێنەرانی حزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان کۆبونەوەو ئاگربڕیان ڕاگەیاندو لە٢٥ی هەمان مانگ ڕەزامەندییان لەسەر دانانی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە نیشاندا. بەڵام کۆبونەوەکان و کۆششەکانی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە ئەنجامێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا.

لەم سەروبەندەدا تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پەیوەندیی بە هەردولاوە کردو پێشنیاری کرد کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوە لە نوێنەرانی یەکێتیو حزبی دیموکرات و کۆمەڵە پێك بێو لە بەرەنجامی کۆتاییدا پشت بە ڕاپۆرتی نوێنەرانی یەکێتی ببەسترێ. بۆ ئەم مەبەستە، تاڵەبانی لەگوندی یاخسەمەر هەر یەك لە جەمیل هەورامیو برایم جەلالی ڕاسپارد وەك نوێنەری یەکێتی لە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە دەستبەکار بن.

هەورامیو جەلال لە ناوەڕاستی کانونی یەکەمدا بە ئوتومبیل لەگوندی گاپیلۆنی دۆڵی جافەتییەوە بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتن و لەوێوە بەرەو هەڵەبجەو پاشان بۆ تەوێڵە چون. پاشان بەلاڕێدا بەرەو گوندی شوشمێ خواروو ڕۆیشتن. شوێنی ڕوداوەکە کەوتبووە نێوان هەردوو گوندی شوشمێی خواروو و سەروو و نەوسود. نوێنەرانی یەکێتی لەگوندی شوشمێ

گیرسانەوەو لە١٧ی کانونی یەکەمدا دەستیان بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی کرد و لەم رووەوە زانیارییان لە دانیشتوانی شوێنی رووداوەکە وەرگرت. نوێنەرانی حزبی دیموکرات لە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە هەر یەك لە مستەفا شەلماشیو مامۆستا گۆران بوون، یەکەمیان ئەندامی سەرکردایەتی بوو، ئەوی تر یاساناسو کادیری پێشکەوتوو. لە کۆمەڵەش هەر یەك لەفاروق بابامیریو فاتیح شەیخولئیسلامی نوێنەرایەتییان دەکرد، یەکەمیان ئەندامی سەرکردایەتی بوو، ئەوی تر یاساناس و کادیری پێشکەوتوو.

نوێنەرەکانی یەکێتی تا ١٠ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بون لەسەر لێکۆڵینەوەکەیان و گەیشتن بە ئەنجامی دیاریکراو. لەبەر رۆشنایی ئەو راستییانەی کە کۆمیسیۆنەکە پێی گەیشتبوو، کۆمیسیۆن راپۆرتێکی تێروتەسەلی نوسیو چەند راسپاردەیەکیشی هاوپێچ کرد.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە رانەگەیەنراو ناوبژیوانییەکە ئامانجی خوازراوی بەدەست نەهێنا. دوا بەدوای قەیرانەکەی هەورامان، پەیوەندیی نێوان حزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان گرژیو ئاڵۆزییەکی زۆرتری بەخۆوە بینی، مەسەلەکە بەرگی شەڕی ناوخۆی لەخۆیەوە پێچاو ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا.

**پاشکۆ**

**ناوی کوژراوەکانی هەردولا لە پێکدادانی نەوسود بەپێی راپۆرتی ٢٣ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ (٣ی رێبەندانی ساڵی ١٣٦٣)ی فاروق بابامیریو فاتیح شەیخولئیسلامی:**

لە حزبی دیموکرات: عەزیز رەمەزانی، سروت ئەحمەد، وەلی عوزی.

لە کۆمەڵە: ئیدریس موحەممەدی، دارا ئەسعەدی، تەلیعەی بێسارانی، عەلی فارس، عوبەید سوفیە، مودریك یوسفی (رێبوار پاڵنگانی)، بەختیار خالیدی، رەحیم ئیلاهی، مامە حەمە باوان، نەسروڵلا بەهمەنی، مەسعود ئەحمەد (تۆفیق)، شێخ عەلی، فەرەح عەدنان.

## شەدەڵە (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە. رۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٨ مەفرەزەیەکی هەرێمی چوار بە هاوەنی ٦٠ملم هێرشیان کردە سەر سەربازگەی شەدەڵە لە سورداش لە ئاکامدا دوو سەرباز کوژران و دوو سەربازی دیکەش بریندار بوون. هێزەکانی سوپای عیراق لە وەڵامدا ناوچەکەیان تۆپباران کردو لە ئاکامدا ژمارەیەك ئاژەڵی خەڵکی ناوچەکە تیا چوون.

## شەدەڵە (چالاکیی پارتیزانی)

چالاکییەکی پێشمەرگە پارتیزانەکانی رستی سورداش لە ئازاری ١٩٨٩ لە نێوان هەردوو گوندە وێرانکراوەکەی شەدەڵە ـ هۆمەرقەوم. شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی ئازاری ساڵی ١٩٨٩ دەستەیەك لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی رستی سورداش لەسەر جادەی شەدەڵە ـ کۆتەڵ، لە نێوان هەردوو گوندی وێرانکراوی شەدەڵە و هۆمەرقەوم، لە هەردوو دیوی شینکیو بەردە زرنگە، چەند مینێکیان لەسەر رێگای هاتوچۆی هێزەکانی عیراق چاند.

سەعات ٦ی سەر لە بەیانیی رۆژی پاشتر مینی یەکەم لە ژێر ئوتومبیلێکی برازیلیدا

تەقییەوەو بوە مایەی کوژرانی ئەفسەرێکی سەر بە یەکەی ژمارە ٨٣٤ کە یاریدەدەری فەرماندەی فەوجی هێزەکانی بابل بوو، لەگەڵ دوو سەربازی هەمان یەکە، کە ناوەکانیان لە رۆژنامەی «رێبازی نوێ» بڵاو کرانەوەو لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانیش خوێندرانەوە.

لەسەر هەمان جادە، پاش دوو سەعات مینی دووەم لە ژێر ئیڤایەکی سەربازیدا تەقییەوەو بوە هۆی کوژرانی پێنج سەربازی ناو ئیڤاکەو وێرانکردنی ئیڤاکە.

لە٢١ی ئازاردا هێزەکانی عیراق بە ٣ لیواو بە پشتیوانیی چەند فرۆکەیەکی هەلیکۆپتەرو جاشەکان کەوتنە کێومالّ کردنی گوندە وێرانکراوەکان و بەرزاییەکانی دۆڵی جافەتیو سورداش. کێومالّ کردنەکە هیچ سەرەنجامێکی لێ نەکەوتەوە.

لە٢٢ی ئازاردا مەفرەزە پارتیزانەکە لەسەر هەمان جادە، لە دورِیانی شەدەڵە ـ دابان مینێکی چاند. سەعات ٨,٣٠ی رۆژی پاشتر مینەکە لە ژێر ئیڤایەکەدا تەقییەوەو بووە مایەی کوژرانی سەرنشینەکانیو وێرانکردنی ئیڤاکە.

## شەدەڵە ـ کۆتەڵ (چالاکیی پارتیزانی)

چالاکییەکی هێزە پارتیزانەکانی سورداش لەسەر رێی شەدەڵە ـ کۆتەڵ لە ناوچەی سورداش لە ساڵی ١٩٨٩. شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی ئازاری ساڵی ١٩٨٩، مەفرەزەیەکی پارتیزانەکانی سورداش لەسەر رێی شەدەڵە - کۆتەڵ چەند مینێکیان چاند. سەعات ٦ی رۆژی ٢٠ی ئازار یەکێ لە مینە چێنراوەکان لە ژێر ئوتومبیلێکی برازیلیی فۆلکس واگنی سوپای عیراق تەقییەوەو بووە هۆی کوژرانی هەر سێ سەرنشینەکەی کە یەکێکیان ئەفسەرێك بوو بە پلەی ملازمی یەکەم بە ناوی تەلەب عەلی ئیسماعیل کە خەڵکی بەغداو یاریدەدەری فەرمانەدەی فەوجی یەکەی ٨٣٤ی سەر بە هێزەکانی باسل بوو لە تەشکیلەی موەفەق، سەرباری کوژرانی دوو سەربازی دانیشتوی پارێزگای بابل کە سەر بە یەکەی ژمارە ٨٣٤ بون. لەم چالاکییەدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر کلاشنکۆفێکدا گرت.

رۆژی دواتر، سەعات ٨ مینێکی تر لە ژێر ئیڤایەکدا تەقییەوەو بووە مایەی کوژرانی پێنج سەربازو تێکشکانی ئیڤاکە. هەر ئەو رۆژە هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە فەرماندەیی فەرماندەی کەرتی دوکان و فەرماندەی تیپی هەشتەم بە پاڵپشتی زرێپۆش و چەند هەلیکۆپتەرێکی جەنگی، کەوتە کێومالّ کردنی ناو شارۆچکەی راگوێزراوی دوکانو سەرتاسەری دۆڵی جافەتی. ئۆپەراسیونی کێومالّ کردن تا ٢٣ی ئازار بەردەوام بوو بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێك بەدی بێنێ. لەو ماوەیەدا مەفرەزە پارتیزانەکانی سورداش مینێکی تریان لەسەر رێگای شەدەڵە ـ دابان چاند کە سەعات٨,٣٠ی رۆژی ٢٣ی ئازار لە ژێر ئیڤایەکدا تەقییەوەو بووە هۆی کوژرانی پێنج سەربازو بریندار بونی دوو سەربازی دیکەو تێکشکانی ئیڤاکە.

بەمجۆرە، زیانەکانی دوژمن لەو ماوەیە کوژرانی یەك ئەفسەرو ١٢ سەربازو بریندار بونی ٢ سەربازی تر و تێکشکانی سێ ئوتومبیل بوو، دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە یەك کلاشنکۆف بوو.

## شەرارە (ڕۆژنامە)



الديمقراطية للعراق و الحكم الذاتي لكردستان

ومن الشرارة يندلع اللهيب

# الشرارة

لسان حال الاتحاد الوطني لكردستاني

العدد ـ ١ ـ السنة الاولى تشرين الثاني ١٩٧٥

في هذا العدد

- من الذي اقترح ميثاق امن للخليج
- البيان الاول للاتحاد الوطني الكردستاني
- حقيقة صارخة

النضال الجماهيري الثوري المتلاحم مع القوى التقدمية العراقية في جبهة كفاحية متحدة سبيلنا لانقاذ العراق من الدكتاتورية ، والاتيان بحكومة ديمقراطية ائتلافية .

نداء الى الامة العربية المجيدة

باسم الاخوة العربية الكردية وباسم شهداء الكفاح المشترك للامتين الشقيقتين الذين شيدوا بجماجمهم صرح التآخي والتلاحم النضالي بينهما ، باسم الدماء الزكية التي اراقها العرب والاكراد على مشارف القدس وسفوح الجليل وصفاف الرافدين ، باسم المبادىء السمحاء التي اعلنها الاسلام الذي ظللت رايته سهول العرب وجبال الكرد معا ، باسم المثل الانسانية والتحررية التي تنادي بها القومية العربية المتحررة ، نتوجه بندائنا الى الامة العربية المجيدة كلها من مشرقها الى مغربها لنهب لنجدة شقيقتها الامة الكردية التي تتعرض الى حرب ابادة صامتة بعد سنة من حرب دموية ضارية ...

يا زعماء العرب ، ايتها الاحزاب والمنظمات العربية .

يا رجال الدين والفكر والراي والصحافة .

حملة الاعدامات الجماعية مستمرة في العراق

البقية على الصفحة الخامسة

هـذه الجريدة

تصدر هذه الجريدة باللغة العربية لتعبر مع شقيقتها التي ستصدر باللغة الكردية عن آراء ومواقف الاتحاد الوطني الكردستاني خاصة والحركة التحررية للشعب الكردي عامة ولتساهم في انارة الدرب ، درب النضال الجماهيري الثوري المتلاحم مع نضالات القوى التقدمية العربية ضد الفاشية ومن اجل الاتيان بالسلطة الديموقراطية الائتلافية وتحقيق الديموقراطية للعراق والحكم الذاتي الحقيقي لكردستان العراق ولتحمل رسالة الاخوة الكفاحية ...

البقية على الصفحة الخامسة

ئۆرگانی ناوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی عەرەبی. یەکەمین ژمارەی لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ لە دیمەشق دەرچووە، دوا ژمارەش لە کانونی یەکەمی ١٩٩١ لەهەولێر.

ناوی سەرنوسەری لەسەر نیە. بەڵام ئەوانەی لە ماوەی دەرچونی ڕۆژنامەکەدا لێپرساوەتیی سەرنوسەریان گرتۆتە ئەستۆ ئەمانەن: جەلال تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، فایز یونس، یوسف زۆزانی و عەباس بەدری. لە هەندێ قۆناغدا فەرید ئەسەسەرد ڕۆڵی سەرنوسەری یەدەکی دیوە.

ئەم ڕۆژنامەیە هەشت خولی بە خۆیەوە دیوە.

لە خولی یەکەمدا لە دیمەشقی پایتەختی سوریا دەرچووە، بە لاینۆتایپ چاپ کراوەو قەبارەکەی تابلۆیدە. ژمارەکانی ئەم خولە هەشت ژمارەن کە شێوەی دەرچونیان لە ژمارەی یەکەمەوە تا هەشتەم بەمجۆرەیە: ساڵی ١٩٧٥ یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ساڵی ١٩٧٦ چوار ژمارە، ساڵی ١٩٧٧ دوو ژمارەو ساڵی ١٩٧٨ تەنها یەك ژمارە. زۆریی بابەتەکانی ئەو هەشت ژمارەیە تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل مورادو نەوشیروان مستەفا نوسیویانە. هەر یەکێ لەو هەشت ژمارەیە دوو هەزار دانەی لێ چاپ کراوە.

زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەم خولە تایبەتن بە بابەتە گەرم و گوڕەکانی قۆناغەکە لەوانە هەرەس هێنانی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥، ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران، بانگەشە بۆ پێویستیی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، بەعیراقی کردنی شۆڕش و پیادەکردنی سیاسەتی پشت بەخۆ بەستن نەك پشت بە بێگانە بەستن. لە بەراییدا تاڵەبانی ئەرکی سەرنوسەری لەم خولەدا گرتە ئەستۆو دواتر ئەرکەکەی بۆ دکتۆر فوئاد مەعسوم بەجێ هێشت. جۆش و خرۆشێکی شۆڕشگێڕانە بەسەر بابەتەکانی ئەم خولەدا زاڵە.

پاش ڕوخانی ڕژێمی شا لە ئێران، هەلێك بۆ سودمەندبون لە بۆشایی دەسەڵات لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران قۆزرایەوەو ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە بە کۆمەکی گروپێکی کوردپەروەر لە شاری سەقز چاپ کرا. بە دەرچونی ئەم ژمارەیە لە مانگی تەموزدا، خولی دووەمی شەرارە دەست پێ دەکا. بەڵام لەوە زیاتر نەتوانرا ژمارەی دیکە لەوێ چاپ بکرێ. بە لەدەستدانی ئەو هەلە، ڕۆژنامەکە هیچ ژمارەی تری لەو خولە لێ چاپ نەکرا.

بۆیە ئەم تاکە ژمارەیە بە خولی دووەم دەژمێردرێ. سەرپەرشتیاری چاپی ژمارەکە هشیار عابدە. سەرنوسەریش هەر تاڵەبانییە، بابەتەکانیش بەشێکی خودی خۆی نوسیویەتی و بەشەکەی تر دکتۆر فوئاد مەعسوم، فەرید ئەسەسەرد و فازل کەریم ئەحمەد نوسیویانە.

لە خولی سێیەمدا کە ماوەکەی کەوتۆتە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨١ چوار ژمارەی لێ دەرچووە. لەم خولەش تاڵەبانی سەرنوسەر بووە.


ساڵی ١٩٨٢ تاڵەبانی لیژنەیەکی بۆ دەرکردنی هەردوو رۆژنامەی شەرارەو رێبازی نوێ لە ئەرسەلان بایز، فەرید ئەسەسەرد، ئازاد چالاك، یوسف زۆزانی، رێکەوت عوسمان مەجید پێکهێنا. دواتر ئەندامانی ئەم لیژنەیە بەسەر هەردوو رۆژنامەدا دابەش بون و هەندێکیان ئەندامی دەستەی نوسەرانی هەردوو رۆژنامە بون. تاڵەبانی ئەرکی سەرنوسەری رۆژنامەکەی گرتە ئەستۆو لەم خولەدا کە کەوتۆتە ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣ و بە خولی چوارەم دادەندرێ، چوار ژمارەی لێ دەرچووە، ٣ ژمارە لە ساڵی ١٩٨٢ و یەك ژمارە لە ساڵی ١٩٨٣.

خولی پێنجەم لە ساڵی ١٩٨٣ دەست پێدەکاو سەرنوسەرەکەی فایز یونسە کە عەرەبێکی شاری موسلە. یەکەم ژمارەی ئەم خولە لە بەهاردا دەرچووە، کاتێك دەزگای راگەیاندن گوندی توژەڵەی بەجێ هێشتبوو و لە سەرشیو و باوزێی ناوچەی پشدەر، بە شێوەیەکی کاتی، جێگیر کرابوو. رۆژنامەکە لەم خولەدا ٦ ژمارەی لێ دەرچووە.

خولی شەشەم ماوەی نێوان سەرەتای ساڵی ١٩٨٥و ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ دەگرێتەوەو زۆربەی ژمارەکانی لە بەرگەڵوو دەرچوون. سەرنوسەری سەرەکیی ئەم خولە یوسف زۆزانییە، بەڵام لە هەندێ قۆناغی دیاریکراودا ئەرکی سەرنوسەری کەوتۆتە ئەستۆی دکتۆر فوئاد مەعسوم و فەرید ئەسەسەرد. ژمارەکانی بەرگەڵوو پاشکۆیەکی تایبەت بە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەیان لەگەڵدا بوو کە سامی شۆڕش سەرپەرشتیاری بووە. لە ماوەی نێوان ١٩٨٨-١٩٩٠ خولی حەوتەمی رۆژنامەکە دەست پێدەکا، ئەویش ئەو خولەیە کە رۆژنامەکە لەسەقز دەرچووە. لەو ماوەیەدا ٢٣ ژمارە دەرچووە. رۆژنامەکە لەم خولەدا دوو سەرنوسەری هەیە، یەکەمیان یوسف زۆزانییەو ئەوی تر عەباس بەدرییە. ماوەی نێوان ئەیلولی ١٩٩١و کانونی یەکەمی ١٩٩١، خولی هەشتەم و کۆتایی پێکدێنێ و تێیدا ٧ ژمارە لە هەولێر دەرچووە و سەرنوسەری ئەم خولە عەباس بەدرییە.

لە کاتی خولی هەشتەمدا بڕیاری مۆدێرنێزەکردنی میدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درا و لەم سەروبەندەدا بڕیاری راگرتنی «شەرارە»و دەرکردنی رۆژنامەیەکی نوێ بە ناوی «ئیتتیحاد» درا بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامەیە پەیامی «شەرارە» لە هەلومەرجێکی گۆڕاوو بە شێوەیەکی گونجاوتر درێژە پێ بدات. لە کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١ دا ژمارە ٧ کە دوا ژمارەی «شەرارە» بوو، وەک شەش ژمارەکەی پێشتر، لە هەولێر دەرچوو. هەرچەند بڕیار بوو رۆژنامەیەکی دیکە لە ماوەیەکی نزیکدا جێی بگرێتەوە، بەڵام رۆژنامە ئەلتەرناتیڤەکە زۆر درەنگ دەرچوو. پاش دە مانگ لە وەستاندنی «شەرارە». ژمارە سفری رۆژنامەی «ئیتتیحاد» دەرچوو و پاش ٦ رۆژ لە دەرچونی ژمارە سفر، یەکەم ژمارەی «ئیتتیحاد» لە هەولێر دەرچوو.

ئامێرەکانی چاپ و قەبارەی رۆژنامەکە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازن. زۆربەی ژمارەکان لە خولی دووەم بە دواوە، بە تایبی دەستی و کارەبایی تایپ کراون و بە رۆنیۆ راکێشراون و




دوای ساڵی ١٩٨٤ ئۆفسێت و ئامێری فۆتۆکۆپی بۆ راکێشانی کۆپییەکان بەکار هێنراون. قەبارەکانی رۆژنامەکە جیاوازن، هەندێکی تابلۆیدە، وەك ژمارەکانی خولی یەکەم کە لە دیمەشق دەرچون، زۆرینەشی فولسکابە. لە ژمارەکانی خولی هەولێر قەبارەی رۆژنامەکە نزیکە لە قەبارەی تابلۆید. لە شەرارەدا تەنها رەنگی رەش و سپی بەکار هاتووە، بەڵام ئەو ژمارانەی کە لە سوید چاپ کراونەتەوە، رەنگاورەنگن.

«شەرارە» رۆڵێکی گەورەی لە ناساندنی مەسەلەی کورد بە رای گشتیی عەرەب هەبوە، هەمیشە جەختی کردۆتە سەر برایەتیی تێکۆشەرانەی کوردو عەرەب و لە هەمان کاتیشدا بانگەشەی بۆ مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد کردووە. لە سەرێکی ترەوە، وەك ئەرکێکی حزبی، نەخشێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش و ناساندنی سیاسەتی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبوە.

«شەرارە» وەك چۆن ناوی سەرنوسەرو دەستەی نوسەرانی لەسەر نەبوە، ناوی نوسەرانی وتارەکانیشی لەسەر نەبوە، بۆیە زۆر ئەستەمە ناوی سەرجەم ئەو نوسەرانە بهێنرێ کە بە شێوەی جیاواز بەشدارییان تێدا کردووە. ژمارەیەکی زۆر سیاسەتمەدارو نوسەرو رۆژنامەنوس بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە لەوانە تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، نەوشیروان مستەفا، عادل موراد، دکتۆر جەمال رەشید، فایز یونس، فەرید ئەسەسەرد، ئازاد رەفیق چالاك، یوسف زۆزانی، عەباس بەدری، ئازاد هەورامی، سامی شۆڕش، جەمیل تاڵەبانی، رێکەوت عوسمان مەجید، فریاد رەواندزی، عەبدولغەنی عەلی یەحیا، فازل کەریم ئەحمەد، قارەمان رەفیق چالاك، بێریڤان مستەفا، ئەسعەد گۆزێ، موحسین عەلی ئەکبەر، مەدحی مەندەلاوی، دکتۆر موەفەق دەرگەڵەیی.

## پاشکۆی ژمارە ١

## رۆڵی رۆژنامەگەری لە سەردەمی شۆڕشگێڕیدا
### (شەرارە وەك نمونە)
### نوسینی فەرید ئەسەسەرد

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، کورد گەڕایەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم. بەمجۆرە، پاش هەرەس، کورد سەرلەنوێ تێ هەڵچۆوەو ئەزمونێکی شۆڕشگێڕانەی نوێی سەخت و دژواری دەست پێ کرد. لە حوزەیرانی هەمان ساڵ، تاڵەبانی یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستانی دامەزراند و دەستی بە دابین کردنی هەموو پێداویستییەکانی هەر ڕێکخستنێکی سیاسیی تازە کرد، لەپێش هەموویانەوە، ڕۆژنامەیەکی ناوەندی بۆ ناساندنی حزبە تازەکەو بانگەشە بۆ نۆڕینەکانی و هێنانە ئارای گوتارێکی سیاسیی گونجاو بۆ قۆناغی دامەزراندن.

تاڵەبانی هەر لە سەرەتاوە پەی بە هێزی وشە بردبوو، بۆیە دەیویست ڕۆژنامەکەی کە بڕیاری دەرکردنی داوە، ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە شۆڕشگێڕییە بێت کە گوزارشتی لێ دەکات.

لە کۆبونەوە بەراییەکانی دەستەی دامەزرێنەر، بڕیاری دەرکردنی دوو ڕۆژنامە درا، یەکێکیان بە عەرەبی و ئەوی تر بەکوردی. بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی کە نیاز وابوو بە زمانی عەرەبی دەر بکرێ، خودی تاڵەبانی ناوی «شەرارە»ی بۆ هەڵبژارد و هەر خۆیشی ئەو دروشمەی بۆ هەڵبژارد کە لە هەموو ژمارەیەکدا لە شوێنێکی دیاری لاپەڕەی یەکەم دادەنرا، ئەویش ڕستەیەکە دەڵێ «لە پزیسکەوە ئاگر هەڵدەگیرسێ».

بێگومان لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا، دەرکردنی «شەرارە» کارێکی ئاسان نەبوو. ژمارەی یەکەم، لە دیمەشقی پایتەختی سوریا، پاش پێنج مانگ لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەرچوو. ئەو دەمی، حزب خاوەنی هیچ دامودەزگایەکی ڕاگەیاندن نەبوو. بۆیە سورییەکان مشوری لایەنە تەکنیکییەکانیان خواردو بەڵێنیان دا ئەرکی تایپ و چاپ و دیزاین کردن بگرنە ئەستۆ. ئەرکی ئامادەکردنی بابەتەکان لە ئەستۆی دەستەی دامەزرێنەردا بوو.

تاڵەبانی لێپرسراوەتیی «شەرارە»ی گرتە ئەستۆو ڕۆڵی سەرنوسەری بینی. لەو کاتەوە، وەك لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزیسیۆندا دەبینرێ، نەریت بوو کە ئاماژە بە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەران نەدرێ. شەرارە، تا کۆتایی، ئەم نەریتەی پاراست. شەرارە لە خولی یەکەمدا هیچ ئاماژەیەکی تێدا نیە نە بۆ ناوی تاڵەبانی وەك سەرنوسەرو نە بۆ ناوی ئەو کەسانەی کە بەشدارییان تێدا کردووە. تاڵەبانی زۆرتر خۆی بۆ نوسینی سەروتارەکانی ڕۆژنامەکە تەرخان کرد. لە سەرجەمی هەشت سەروتاری هەشت ژمارەی بەرایی، تاڵەبانی حەوت سەروتاری نوسیوە. سەروتاری هەشتەم، دکتۆر فوئاد مەعسوم نوسیویەتی. لە کاتی نوسینی ئەم سەروتارەدا، تاڵەبانی لە ناو وڵاتدا بوو، لە گوندی نۆکان، لەسەر سنوری عیراق- ئێران، جێگیر ببوو.

تاڵەبانی ڕۆڵێکی سەرەکیی لە ئامادەکردنی بابەتەکانی خولی یەکەمدا هەبوو. ئەم خولە هەشت ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم بابەتێکی تاڵەبانیی دەربارەی ئامانجەکانی ڕۆژنامەکە تێدایە، هەروەك بانگەوازێکیشی تێدا بڵاو کراوەتەوە، ئاراستەی جیهانی عەرەب کراوەو تێیدا داوای پشتگیری کردنی خەباتی کوردی عیراق لە دژی ڕژێمی عیراق دەکات.

«شەرارە» لە خولی یەکەمدا دەستەی نوسەرانی، بەو مانایەی کە ئەمڕۆ باوە، نەبوو. بەڵام بە تەنیشت تاڵەبانییەوە، ئەکتەری کارا هەبوون. بزوێنەری سەرەکیی ڕۆژنامەکە، دکتۆر فوئاد مەعسوم بوو کە بەکردەوە ڕۆڵی بەڕێوەبەری نوسینی دیوە، وەك لە میدیای ئاساییدا باوە. بەڵام لێرە شیاوی ئاماژە پێ کردنە کە ئەو لە چالاکییەکانیدا ئەرکی بەڕێوەبەری نوسینی تێپەڕاندووە چونکە هەم وتاری بۆ ڕۆژنامەکە نوسیوە، هەم هەواڵ و دەنگوباسەکانی داڕشتووە، هەم هەندێ وتاری کە تایبەت بۆ شەرارە نوسراوە، لە کوردییەوە کردووە بە عەرەبی، هەم سەرپەرشتیی دیزاین و هەڵە چنیی کردووەو هەروەها بە تەواوی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری چاپی گێڕاوە. دواتر، دکتۆر مەعسوم

بووە سەرنوسەری راستەقینە. سەرقاڵبونی تاڵەبانی بە کارە سیاسی و دپلۆماتکارییە پێویستەکانەوە، وای کرد ئەرکی سەرنوسەری هێدی هێدی بکەوێتە ئەستۆی دکتۆر مەعسوم و لە کۆتاییدا تاڵەبانی هەر ئەوەندە دەرفەتی بۆ مایەوە کە بە نوسینی سەروتار و هەندێ وتار بەشداری بکا. بۆیە، رەنگە پێویست بەوە بکات کە لە ئازاری ١٩٧٦ بەدواوە، واتە لە ژمارەی سێیەم بەدواوە، دکتۆر مەعسوم بە سەرنوسەر بناسین.

جگە لە دکتۆر مەعسوم، هەر یەك لە نەوشیروان مستەفا و عادل موراد ژمارەیەکی باش وتاریان بۆ شەرارە نوسیوە. نەوشیروان مستەفا بە کوردی وتاری نوسیوەو دکتۆر مەعسوم کردویەتی بە عەرەبی. ئەو لە ژمارەی دووەم بەدواوە بەشداریی کردووە. عادل مورادیش لە زۆربەی ئەو وتارانەی کە بۆ شەرارەی نوسیوە، زۆرتر چۆتە سەر باسەکانی تایبەت بە رێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان. لە دەرەوەی دەستەی دامەزرێنەر، هەر یەك لە جەمیل تاڵەبانی و دکتۆر جەمال رەشید چەند وتار و کۆمێنتێکیان نوسیوە.

سورییەکان کە ناکۆکییەکی توندیان لەگەڵ رژێمی عیراقدا هەبوو، رازی بون کارئاسانی بۆ کاروباری چاپ بکەن. لەم سەروبەندەدا رۆژنامەکە لە کۆتایی ١٩٧٥ بەدواوە تا سەرەتای ١٩٧٨، بە تیراژی ٢٠٠٠ تا ٥٠٠٠ دانە، لە چاپخانەی سەرکردایەتیی نەتەوایەتیی پارتی سۆسیالیستی بەعسی عەرەب لە دیمەشق چاپ کراوە.

تاڵەبانی خۆی ناوی «شەرارە»ی بۆ رۆژنامەکە هەڵبژارد. ئەم ناوە پەیوەندییەکی مێژویی پتەوی بە کەلەپوری شۆڕشگێڕانەی جیهانەوە هەیە. سەرکردەی کۆمۆنیستی روس، ڤلادیمیر ئیلیچ لینین، کاتێك لە ساڵی ١٩١٠دا لە دەرەوەی روسیا بوو، رۆژنامەیەکی بە ناوی «ئایسکرا» وە دەرکرد. ئەم وشەیە لە زمانی روسیدا مانای پزیسك دەداو لە عەرەبیدا بەرامبەر بە وشەی شەرارەیە. ئامانجی گەورەی لینین ئەوە بوو کە «ئایسکرا» بکا بەو پزیسکەی کە بڵێسەی شۆڕشە مەزنەکەی لێ بەرپا دەبێ. ئایسکرا لە شارێکەوە گوێزراوەتەوە بۆ شارێکی تر. لە لایپزگەوە چۆتە میوونشن و لەوێوە بۆ لەندەن، دواتریش بۆ ژنێڤ لە سویسرە. پاش دابەشبونی کۆمۆنیستەکان بەسەر باڵی کەمینەی مەنشەفیك و باڵی زۆرینەی بەلشەفیکدا، باڵی مەنشەفیکەکان بە سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕی روس پلیخانۆڤ، دەستی بەسەر ئایسکرادا گرت. پاشان ستالین لە جۆرجیا لێی سەندنەوەو دەستی بە چاپکردنەوەی کردەوە. لە کەلەپوری شۆڕشگێڕانەی عیراقدا، بەکارهێنانی ناوی «شەرارە» پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە هەیە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٠-١٩٤٣دا، رۆژنامەیەکی نهێنیی بەناوی «شەرارە»وە، بۆ ناساندنی سیاسەتەکەی و شرۆڤەکردنی نۆڕینە ئایدیۆلۆژییەکانی، دەرکردووە.

بە لای حزبێکەوە کە هەر لە دەستپێکەوە باوەڕی تەواوی بەوە هەبوە کە لە ساڵی ١٩٧٥دا بژاردەی هەرەس پێ هێنانی شۆڕش تاکە بژاردەی بەردەم کورد نەبوەو بژاردەی تاقیکردنەوەی شێوەی دیکەی خەباتی چەکدار کارێکی مەحاڵ نەبوە، هەڵبژاردنی ناوی «شەرارە» بۆ رۆژنامەکە زۆر گونجاو بووەو زۆر بە باشی گوزارشتی لە میتۆدی بیرکردنەوەو ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی دامەزرێنەرانی حزبەکە کردووە.

هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ رۆژنامەکە رەنگدانەوەی فاکتەرە ئایدیۆلۆژییەکان بووە. بەڵام بۆ رێکخراوێك کە لە جۆش و خرۆش دایە و هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی بۆ بەگەڕخستنەوەی خەباتی چەکدار تەرخان کردووەو بە بایەخێکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە، هەڵبژاردنی ناوەکە زۆر لەجێی خۆیدا بووەو زۆر بە

رونی لەگەڵ پێداویستییە پرەگماتیکییەکاندا گونجاوو تەبا بووە. لە یەکەم سەروتاردا، تاڵەبانی زۆر بە رونی گوزارشتی لە گوتاری چەپگەرا شۆڕشگێڕییەکەی رۆژنامەکەی کردو وتی «ئەم رۆژنامە جەنگێکی بێ وچان لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستە ئەڵقە لەگوێکان هەڵدەگیرسێنێ و داکۆکی لە مافی چارەی خۆنوسینی گەلانی رۆژهەڵاتەکەمان و لە دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانەو ئارەزومەندانەی نێوانیان دەکات، هەروەك کەمتەرخەم نابێ لە ریسواکردن و دژایەتی کردنی پرۆژە ئیمپریالیستییەکان و پیلانە کۆنەپەرستییەکان».

«شـەرارە» لـە خولـی یـەکـەمـدا بـە شێوەیەکی راستەوخۆ گوزارشت لە تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییە چەپگەراکان ناکا، بـەڵام تا ئەندازەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی مارکسیزم دایە. ئەمەش لە ناخی گوتارە سیاسییەکەیدا رەنگی داوەتـەوە. «شـەرارە» بە شێوەیەکی ئاشکراو راستەوخۆ بانگەشەی بۆ هیچ تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانەی چەپگەرا نەکردووە بەڵام بە میانڕەوترین شێوەو بە بێ ئـەوەی لاسایی کۆمۆنیستەکان بکاتەوەو رستە درێژدادڕەکانی ناو ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە بکاتە چاوگ و پاڵپشت بۆ راو بۆچونەکانی خۆی، تێڕوانینە چەپگەراکانی خۆی بە رێکوپێکی داڕشتووە. بە کردەوە، لە ژمارەی دووەم بەدواوە، لە کاپشنەکەی دەستە راستی لاپەڕەی یـەکـەمـدا، دەسـتـی بـە بانگـەشـەکردن بـۆ تیۆرییە چەپگەرا کلاسیکییە باوەکـەی پێویستیی بونی حزبێکی «شۆڕشگێڕی پێشڕەو» کردو بە ناوەڕۆك ئـامـاژەی بـۆ «حەتمیەتی شۆڕشگێڕانـە» کرد کە بیرۆکەیەکی باوی ناوەندە چەپگەراکانەو تێیدا رونـی کـردەوە کە کـورد پێویستی بە «پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕە» و ئەو پێشڕەو شۆڕشگێڕە لە رەوتی خەباتی نیشتمانیدا پەیدا دەبێ.

لە ژمارەی چوارەمدا، لە دوتوێی هەندێ بابەتی وەك یادکردنەوەی جەژنی جیهانیی ١ی ئایاری چینی کرێکاراندا، مۆرکی چەپڕەوانە زەقتر دەردەکـەوێ. لە دوو وتـاری لاپـەڕە یـەکدا، «شـەرارە» لە رەوتی باس کردنی پێویستیی یەکڕیزیی کورد لە قۆناغی راگوزەر، واتە لە قۆناغی هەرەس هێنانی شۆڕشەوە بۆ قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، تیۆریی چوار چینە نیشتمانییەکەی بەرجەستە کـردو لەم چوارچێوەیەدا شرۆڤەیەکی بۆ رۆڵی چینی کرێکاران پێشکەش کرد کە تێیدا چینی کرێکاران «ئەو چینەیە کە لە روی مێژوییەوە شایستەی سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتییە کە لەم چەرخەدا (چەرخی هەرەس هێنانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی سۆسیالیزم) بۆتە شۆڕشێکی دیموکراتیی گەلی». لە وتارەکەی تردا کە ئەویش بۆ یادکردنەوەی جەژنی جیهانیی کرێکاران تەرخان کـراوە، چینی کرێکاران بە «چینی رابـەر» ناوزەد کراوەو ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە «بۆتە سیمبولی هاوبەستەگیی ئینتەرناسیۆنالیستی و هاوخەباتیی نێوان کرێکارانی جیهان و گەلانی ستەمدیدە، ئەویش لـەو روانگـەیـەوە کە کرێکارانی جیهان و گەلانی ستەمدیدە دوو دوژمنە سەرسەختەکەی ئیمپریالیزم و تـەواوی شێوەکانی چەوسانـەوەن و هـەروەهـا لەو روانگەیەشەوە کە بزاوتی دلێرانەیان... دوو چاوگی مەزنی شۆڕشە سەرفرازەکەی ئەم سـەردەمـەن، کە شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانییە».

سـەرەڕای گـوتـارە چەپگەراکەی و ستراکچەرە ئـایـدیـۆلـۆژیـیـە بـەنـاوەڕۆك مارکسیستییەکەی، «شـەرارە» گوتارە نیشتمانییەکەی خۆی پاراست، ئەم گوتارە نیشتمانییەی بەسەر گوتارە چەپگەراکەیدا زاڵ کـردو هەرگیز کارێکی وای نـەکـرد ببێ بە رۆژنامەیەکی مارکسیستی.

بە هەر حاڵ، پابەندبونی «شەرارە» بە گوتاری چەپگەرا وەك پابەندبونێکی بەردەوام مایەوە بەڵام رادەی پابەندبون بە تێزە شۆڕشگێڕییەکانی نزیك لە چەمکی مارکسیستی، پاشەکشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. دەتوانین تێبینیی ئەوە بکەین کە لەگەڵ وەستانی «شەرارە» لە ساڵی ١٩٧٨، ئایدیۆلۆژیا وەك رێبەری سیاسەت کاریگەریی خۆی لەدەستدا. لە خولی دووەمیدا کە لە ساڵی ١٩٧٩ دەست پێدەکا، دەبینین «شەرارە». بە قەد رۆژگاری خولی یەکەم، زۆر بەتەنگ ئەوەوە نیە کە ئایدیۆلۆژیا بکاتە رێنیشاندەری سیاسەت. خولی یەکەمی لێ بترازێ، «شەرارە» لە خولەکانی دادێ گوتارێکی پرەگماتیی میانڕەوتر پیادە دەکا. ئەو جۆش و خرۆشە ئایدیۆلۆژییەی کە بەسەر خولی یەکەمی شەرارەدا زاڵ بوو، رەنگە پەیوەندیی بە سروشتی قۆناغەکەوە هەبوو بێ. دیارە ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە قەوارەی لێپرسراوەتییەوە هەیە، بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی سەرکردە دامەزرێنەرەکان بۆ ناو وڵات بۆ رابەرایەتی کردنی خەباتی چەکدار لە بارودۆخێکی ئێجگار سەخت و دژواردا، رۆڵێکی زۆریان لە هاندانی شەرارە بۆ پیادەکردنی گوتارێکی سیاسیی میانڕەوترو پرەگماتیتر هەبوە. لە خولی یەکەمدا «شەرارە». بە قوڵی، پەی بەوە بردبوو کە دابین کردنی پێداویستییەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی وەك زیندوکردنەوەی خەباتی چەکدار، لەپێشی پێشەوەی ئەرکەکانە. لەم چوارچێوەیەدا کار بۆ ئەوە کرا کە ئایدیۆلۆژیا ببێ بە مایەی بەخشینی هێزێکی ماددی. لەناوخۆشدا ئەو پێداویستییە پرەگماتیکییانەی کە پاڵپشتن بۆ بەردەوامبونی خەباتی چەکدار وایان لە گوتاری سیاسی کرد نەرمییەکی زۆرتر نیشان بداو رێچکەیەکی میانڕەوتر بگرێتە بەر. ئەمەش ئاسەواری لەسەر تێکڕای چاپەمەنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوخۆداو هەروەها لەسەر وتارە بڵاوکراوەکانی ناو «شەرارە» بەجێ هێشت.

ئەو فاکتەرەی کە زۆرترین رەنگدانەوەی لەسەر گوتاری سیاسیی ژمارەکانی خولی یەکەمی «شەرارە» هەیە، هەرەسە کتوپڕو ناچاوەڕوانکراوەکەی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشە دوا بەدوای واژۆکردنی پەیمانی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران. لەم سەروبەندەدا شەرارە بە بەردەوامی بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییە کردووە کە بژاردەی هەرەس هێنانی شۆڕش پاش بەستنی پەیمانی جەزایر بژاردەیەکی حەتمی نەبوەو جگە لە بژاردەی پەنا بردن بۆ ئێران و هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە بژاردەی دیکە هەبوەو دەشتوانرا، پاش گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبردنی شۆڕش و ئافەروزکردنی ستراتیجی پشت بەستن بە کۆمەکی ئێران و دانانی ستراتیجێکی تایبەت بە پشت بەخۆ بەستن، درێژە بە تێکۆشان بدرێ.

«شەرارە» بە شێوەیەکی چڕ و لێبڕاوانە پێی لەسەر بژاردەی پشت بەخۆ بەستن داگرت و لە ژمارەی شەشەمدا لە وتارێکدا بە ناونیشانی «پرنسیپی پشت بە خۆ بەستن یان پشت بە بێگانە بەستن؟ کام رێگا بگرینە بەر؟» پشتیوانیی لە بژاردەی پشت بە خۆ بەستن کردو وای دانا کە هەر کۆمەکێکی دەرەکی، چەند بێگەردو دڵسۆزانەو مرۆڤانە بێ، لە «سەرچاوەیەکی لاوەکیی یارمەتیدەر» بەولاوە هیچی تر نیەو لەم سەروبەندەشدا جەختی کردە سەر ئەوەی کە سەرچاوەی راستەقینەی هێز، گەلە. ئەمەش نقورچێك بوو لە سیاسەتی شۆڕشی پێشوو کە پێی وابوو «کۆمەکی دەرەکی» فاکتەری یەکلاکەرەوەیە نەك «گەل».

«شەرارە» زۆر بە وردی گوزارشتی لە پلانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دەستپێکردنەوەی

خەباتی چەكدار كرد. پلانەكە دەری خست كە كورد لە ساكاویی هەرەس بێدار بۆتەوەو سەرقاڵی دانانی بەرنامەی دەستپێكردنەوەی خەباتی چەكدارە. هەر چۆنێك بێ، دامەزراندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان هەر لە سەرەتاوە هاوتەریب بوو لەگەڵ پلانی دەستپێكردنەوەی خەباتی چەكدارو لەم رووەوە «شەرارە» لە یەكەم سەروتاریدا بڵاوی كردەوە كە «ئەم رۆژنامەیە ئەو پزیسكە دەبێ كە بڵێسەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی لێ دروست دەبێ و هەر ئەم بڵێسەیەشە كە رێگای رزگاریی نیشتمانیی دیموكراتیمان، رێگای خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەی تەبا لەگەڵ هێزە پێشكەوتنخوازەكانی عەرەبی عیراق لە چوارچێوەی بەرەیەكی یەكگرتوی تێكۆشەرانەدا، رۆشن دەكاتەوە». لەگەڵ تێهەڵچونەوەی خەباتی چەكدار لە ساڵی ١٩٧٦دا، «شەرارە» لە ژمارەی پێنجەمدا سەروتارێكی بە ناونیشانی «پزیسكەكە بڵێسەی لێ دروست بوو» بڵاوكردەوە. ناونیشانەكە پڕاوپڕ ناواخنی سەروتارەكەی دەربڕیوەو پێویست بە نمایش كردنی هیچ بڕگەیەكی ناكات.

لە دیكۆمێنت كردن و تاوتوێ كردنی مێژوی «شەرارە» دا كەمتەرخەمییەكی زۆر هەیە. نە لە ساڵانی نەوەدەكانداو نە لە دەیەی یەكەمی ئەم سەدەیەدا، هیچ توێژینەوەیەك دەربارەی «شەرارە» بڵاو نەكراوەتەوە. ئەگەر هەندێ بەسەركردنەوەی سەرپێیی و ناوهێنانی شەرارە لە رەوتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەكان و چاوپێكەوتنەكان و وتاری بۆنەكان و نوسینەكانی تایبەت بە گێڕانەوەی كاروباری ژیانی رۆشنبیریی ناو شۆڕش بخەینە لاوە، هیچ نوسینێكی شایستەو تێرو تەسەل دەربارەی رۆژنامەیەكی سەنگین و دێرین و كاریگەری وەك رۆژنامەی «شەرارە» نابینین. هەرچەند ناشێ ئەم كەمتەرخەمییە بە ئەنقەست بوو بێ، بەڵام خۆ لە كۆتاییدا كەمتەرخەمی هەر كەمتەرخەمییە. چانسی رۆژنامەی «رێبازی نوێ» كە ئۆرگانی كوردیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بوەو ژمارەی یەكەمی، پاش دەرچونی «شەرارە» بە دوو مانگ دەرچووە، لە چانسی «شەرارە» چاكتر بووە چونكە «رێبازی نوێ» دوای ئەوەی كە وەك رۆژنامە لە كار كەوت، وەك گۆڤار بەردەوام بوو و لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە مەكتەبی رێكخستن ئەركی دەركردنی گرتە ئەستۆ.

هۆی ئەوەی كە هیچ توێژینەوەیەك دەربارەی «شەرارە» نیە، زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەموو ژمارەكانی رۆژنامەكە تا ئێستا دابین نەكراون. گومانیشی تێدا نیە كە بە بێ دابین كردنی هەموو یاخود لانی كەم زۆربەی ژمارەكان، ئەستەمە بتوانرێ توێژینەوەی تێر و تەسەل لەسەر هیچ چاپكراوێكی دەوری ئامادە بكرێ. بۆ تاوتوێ كردنی ئەدەبیاتی قۆناغی شۆڕشگێڕی، پێویستە ئەرشیفێكی تەواو لەبەر دەست بێ كە هەموو بەرهەمەكانی دامودەزگا رۆشنبیری و میدیاییەكانی شۆڕش لە ماوەی ١٩٧٦-١٩٩١ بگرێتەوە. بەڵام ئەرشیف كردنی چاپەمەنییەكانی قۆناغی شۆڕشگێڕی، لە كاتێكی درەنگدا، لە ساڵی ١٩٩٧، دەستی پێ كرد. ئەم كەیسە بە دەستپێشخەرییەكی تایبەت، لە لایەن خوالێخۆشبوو ئازاد خانەقینییەوە جوڵێنرا و دواتریش بە پشتیوانیی بەڕێز هێرۆ برایم ئەحمەد بەڕێوە چوو. لەم هەوڵەدا ئەوەندەی لە چاپەمەنی و وێنەو كاسێتەكانی قۆناغی شۆڕشگێڕی، دەست پێی راگەیشت، كۆ كرایەوە. لە ئاهەنگی سەد ساڵەی رۆژنامەگەریی كوردیدا لە ساڵی ١٩٩٨ لە شاری سلێمانی، خانەقینی یەكەم وتاری دەربارەی ئەرشیفی قۆناغی شۆڕشگێڕی، وردتر دەربارەی چاپەمەنییەكی ئەو قۆناغە، پێشكەش كرد. دواتر وا بە خەیاڵیدا هات كە پەرە بە وتارەكە بداو بە زانیاریی زۆرتر دەوڵەمەندتری

بکات. وتارەکە، پاش ئەوەی کە بەدرێژایی زیاد لە ساڵێك کاری بەردەوام و بێ وچانی تێدا کرا، پوختەترو قەبەتر بوو و بەو ئاستەی گەیشت کە ببێ بە کتێبێکی قەوارە مامناوەنجی ٢٠٠ لاپەڕەیی بە ناونیشانی «مادێنا: مێژوو و ببلۆگرافیای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١». هەرچەند کتێبەکە ئەو مەرجانەی تێدا نیە کە فۆرمی توێژینەوەیەکی تەواو وەرگرێ، بەڵام چەردەیەك زانیاریی لە دوتوێی لاپەڕەکاندا لە خۆ گرتووە کە یارمەتیی لێکۆڵیاران دەدا وێنەیەکی رون بۆ چالاکیی دامودەزگا رۆشنبیرییەکان بکێشن.

خانەقینی لە رەوتی هەڵسوڕانێکی چوست و چالاکانە و بە بەرنامەدا زۆرترین دیکۆمێنتی کۆکردەوە. دیکۆمێنتە کۆکراوەکان ژمارەکانی رۆژنامەی شەرارەیان تێدا بوو. بە هۆی ئەو ژمارانەی لەو رۆژنامەیە کۆکرانەوە، خانەقینی بۆی رێك کەوت کە لە کتێبەکەیدا دوو جار بە رونی بچێتە سەر باس کردنی رۆژنامەی «شەرارە». جارێك لە لاپەڕە ١٦ دا کە تێیدا باسی ئەو ژمارانەی رۆژنامەکەی کردووە کە لە سوریا دەرچون و جارێکی تر لە لاپەڕەکانی ٨٦-٩٠دا، کاتێك بە وردەکارییەکی زۆرترەوە مێژوی رۆژنامەکەی بە شێوەیەکی گشتی گێڕاوەتەوە. ئەم هەوڵەی خانەقینیی لێ بترازێ، نوسینەکانی تر بە شێوەیەکی تێرو تەسەلتر نەچونەتە سەر گێڕانەوەی مێژوی رۆژنامەکە.

هەرچەند خانەقینی رەنجێکی زۆری بۆ کۆکردنەوەی ژمارەکانی «شەرارە» داوەو لە کتێبەکەیدا بە باشی لەسەری نوسیوە، بەڵام لە هەندێ رووەوە توشی هەڵە بووە. لە کتێبەکەیدا نوسیویەتی «شەرارە» حەوت ژمارەی لە سوریا لێ دەرچووەو وای داناوە کە ژمارەی یەکەم لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥ داو ژمارەی حەوتەم، کە گوایە دوایین ژمارەیە، لە ساڵی ١٩٧٧ دەرچووە، لە کاتێکدا رۆژنامەکە لە سوریا هەشت ژمارەی لێ دەرچووە نەك حەوت. ژمارەی هەشتەم کە خانەقینی باسی نەکردووە، لە کانونی دووەمی ١٩٧٨ دەرچووە. ئەمە بەم واتایە دێت کە خانەقینی کاتێك دەستی بە کۆکردنەوەی ژمارەکان کردووە، ژمارەی هەشتەمی چنگ نەکەوتووە، بۆیە وا تێگەیشتووە تەنها حەوت ژمارە لە رۆژنامەکە دەرچووە. هەروەها لە کتێبەکەیدا دەربارەی ژمارەکانی ساڵانی ١٩٨٠و ١٩٨١ قرو قپی لێ کردووە چونکە وا تێگەیشتووە لەم دوو ساڵە هیچی لێ دەرنەچووە. خودی خۆیشم هەمان هەڵەم کرد، کاتێك لە چاپی یەکەمی «ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» دا نمایشێکی مێژوی شەرارەم کردو پشتم بە زانیارییەکانی ناو کتێبەکەی خانەقینی بەست. دواتر لە چاپی دووەمی ئینسکلۆپیدیاکەدا هەڵەکەم راست کردەوە. «شەرارە» لە ماوەی ١٦ ساڵداو لە دوتوێی حەوت خولدا، نزیکەی ١٠٠ ژمارەی لێ دەرچووە. دەرچونی بە پچڕ پچڕی و بە ناڕێکوپێکی، دۆخی سەختی ئەو سەردەمە نیشان دەدا کە رۆژنامەکەی لێ دەرچووە. هەشت ژمارەی بەرایی رۆژنامەکە لە دیمەشقی پایتەختی سوریا دەرچون. لە ساڵی ١٩٧٩دا روخانی رژێمی شا لە ئێران، ئەو دەرفەتەی پێکهێنا کە «شەرارە» یەك ژمارەی لە شاری سەقز لێ دەرچێ کە بە ژمارەی یەکەمی خولی دووەمی دەژمێردرێ. ئەگەر پەیوەندیی نێوان کوردەکانی ئێران و حکومەتی ناوەند گرژیی تێ نەکەوتایەو شەڕ لە نێوانیاندا نەقەومایە، دەکرا ژمارەی دیکەی لە سەقز لێ دەرچوایە. دواتر تێهەڵچۆوە، لە گوندی تووژەڵە هاتە مەیدانەوەو لەوێ ژمارەکانی خولی سێیەم و چوارەمی لێ دەرچوو. لە ساڵی ١٩٨٣ دا «شەرارە» لە سەرشیوی ناوچەی پشدەر خولی پێنجەمی دەست پێکرد. دواتر، لەوێوە، گوێزرایەوە بۆ دۆڵی

جافەتی. ساڵی ١٩٨٥، پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ، دوا بە دوای وتووێژێکی بێ ئاکام لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق، خولی شەشەمی دەست پێکرد. ژمارەکانی ئەم خولە، یەك ژمارەی لێ دەرچێ کە ساڵی ١٩٨٨ لە دۆڵەکۆگە دەرچوە، هەموی لە دۆڵی جافەتی دەرچون. پاش تەشەنە سەندنی ئاسەواری جەنگی کیمیایی لە کوردستان، «شەرارە» بۆ ناو خاکی ئێران کۆچی کردو لەوێ، لە شاری سەقز، خولی حەوتەمی دەست پێ کرد. لەکاتی خۆ سازدان بۆ راپەڕین، رۆژنامەکە راگیرا. دواتر لە ساڵی ١٩٩١ دا لە هەولێر خولی هەشتەمی دەست پێکرد کە دوایین خولی تەمەنێتی و لەم خولەدا حەوت ژمارەی لێ دەرچووە.

«شەرارە» سیمبولی سەردەمی شۆڕشگێڕییە. ئەمە بەم واتایە دێت کە ئەم ناوە بە شێوەیەکی ریشەیی بە سەردەمی شۆڕشگێڕییەوە بەستراوەتەوەو رەنگە بە کەڵکی سەردەمی پاش شۆڕش نەیەت. بۆ ئێمە، ئەوانەی کە لە دەزگای ناوەندیی راگەیاندندا و بەتایبەتی لە رۆژنامەی «شەرارە»دا کارمان کردووە، تەماشاکردنی مەسەلەکە لەو گۆشە نیگایەوە کە «شەرارە» لە سیمبولی سەردەمی شۆڕشگێڕی بەولاوە هیچی تر نیە، زۆر دڵگرانی کرد بووین و ئۆقرەی لێ بڕی بووین، چونکە قسەکە ئەو مانایەی دەدا کە رەنگە، لە قۆناغی پاش شۆڕشدا، «شەرارە» رابگیرێ. بەکردەوە، مشتومڕ لەم بارەیەوە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٤دا، لە کاتی ئاگربڕو دانوستانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق، هاتە ئاراوە. هۆکاری مشتومڕەکە پەیوەندیی بە خاڵێکی دیاریکراوەوە هەبوو، ئەویش ئەوە بوو: ئاخۆ ئەگەر لەگەڵ حکومەتی عیراق گەیشتین بە سازان و رێککەوتن، دەتوانین بەردەوام بین لەسەر دەرکردنی «شەرارە» یاخود دەبێ رۆژنامەیەکی دیکە دەربکەین؟ لەم پرسەدا دوو ئاراستە هەبوو. ئاراستەیەك وای دەبینی کە پێویستە هەر بەردەوام بین لەسەر دەرکردنی «شەرارە»و پێویست ناکا رۆژنامەیەکی دی بەناوێکی ترەوە دەربکەین. هەموو کادیرەکانی دەزگای ناوەندیی راگەیاندن کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تۆکمەیان بە ئەندێشەو کەلەپوری شۆڕشگێڕانەی رەسەنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەبوو و کەمتر کەیفیان بە تازەگەری دەهات، لەگەڵ ئەم رایەدا بون کە «شەرارە» بمێنێ. ئاراستەکەی تر بە پێویستی دەزانی دەست لە ناوی «شەرارە» هەڵبگیرێ و ناوێکی میانڕەوتری وەك «ئیتتیحاد» هەڵببژێردرێ. ئەوەی کە زۆر پشتیوانیی لەم بۆچونە دەکرد، دکتۆر فوئاد مەعسوم، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو مەکتەبی سیاسی، بوو. ئەو کەمتر لە ژێر کاریگەریی تین و تاوو ئاسەواری فاکتەرە ئایدیۆلۆژییەکاندا بوو و پێشتریش، لە سوریا، کاری لە رۆژنامەیەك بە ناوی ئیتتیحادەوە کردبوو، بۆیە زۆرتر پێوانە پرەگماتییەکانی دەکردە سەنگی مەحەك و کەمتر بایەخی بە جۆش و خرۆشی ئەندێشەیی دەدا. شکستی وتوویژ تا ساڵی ١٩٩١ تەمەنی شەرارەی درێژ کردەوە. لە ساڵی ١٩٩٢دا مشتومڕە کۆنەکە دەربارەی ئەم بابەتە سەری هەڵدایەوە، بەڵام ئەمجارە کەف و کوڵی مشتومڕەکە تا رادەیەکی زۆر دامرکابۆوە، چونکە گرەوو بیانووی ئەوانەی باوەڕیان بە کۆتایی هاتنی سەردەمی شۆڕشگێڕی هەبوو، تۆکمەترو بەبرەوتر بوو، سەرباری ئەوەی کە پشتیوانی لە ناوێکی میانڕەوترو بەچانسترو گونجاوتر بۆ دروست کردنی رایەڵە لەگەڵ پێدراوە ماددییەکان، زیادی کردبوو.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٦-٧/٤/٢٠١٨)

## پاشکۆی ژمارە ٢

### یەکەم سەروتاری رۆژنامەی «شەرارە»

ئەم رۆژنامەیە بە زمانی عەرەبی دەردەچێ بۆ ئەوەی، لەگەڵ دەستە خوشکەکەی خۆی (رێبازی نوێ) کە بە زمانی کوردی دەردەچێ، گوزارشت لە راو هەڵوێستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی و راو هەڵوێستەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بە گشتی بکات و بۆ ئەوەی بەشدار بێ لە روناك کردنەوەی رێگاکە، رێگای خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێرانەی هاوئاواز لەگەڵ خەباتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب لە دژی فاشیزم و لەپێناوی هێنانە دیی دەسەڵاتی دیموکراتی ئیئتیلافی و بەدی هێنانی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستانی عیراق و بۆ هەڵگرتنی پەیامی برایەتیی تێکۆشەرانەی هەردوو نەتەوەی برای کوردو عەرەب و بەرزکردنەوەی ئاڵای بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی راستەقینە کە نوێنەرایەتیی هێزە سەرەکییەکانی گەلی عیراق، بە هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب و سەرجەم چینە کۆمەڵایەتییەکانییەوە، بکات.

ئەم رۆژنامەیە باوەڕی وایە کە راستی چرای خەباتی گەلانە، بۆیە کار بۆ ئەوە دەکات کە راستییەکان لە واقیعەوە هەڵبهەنجێنێ و ئەو راستییانە بخاتە بەر دیدی کۆمەڵانی خەڵکەوە. ئەم رۆژنامەیە راستی بە شێوەیەکی راشکاوانەو بە رونی دەردەبڕێ و دەمامك لەسەر دەموچاوە ناشیرینەکەی دیکتاتۆریی فاشیست هەڵدەماڵێ، ئەو دیکتاتۆرییەی کە خۆی بەسەر گەلی عیراقدا، بە هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب و سەرجەم هاووڵاتییەکانییەوە، سەپاندووەو تاوان و ناپاکی و پیلان و فریودانەکانی ئاشکرا دەکات. بەمە کۆمەڵانی خەڵکی و تەواوی هێزو حزب و گروپە پێشکەوتنخوازە دیموکراتەکان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆیان و داوایان لێ دەکا هاوخەبات بن بۆ رزگارکردنی گەلەکەمان لە چنگ ئەو فاشیزمەی کە دەستی بە خوێنی دەیان هەزار رۆڵەی بەئەمەکی عیراق سورە.

ئەم رۆژنامەیە جەنگێکی بێ وچان لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستە ئەڵقە لەگوێکان هەڵدەگیرسێنێ و داکۆکی لە مافی چارەی خۆنوسینی گەلانی رۆژهەڵاتەکەمان و لە دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانەو ئارەزومەندانەی نێوانیان دەکات، هەروەك کەمتەرخەم نابێ لە ریسواکردن و دژایەتی کردنی پڕۆژە ئیمپریالیستییەکان و پیلانە کۆنەپەرستییەکان. ئەم رۆژنامەیە گوزارشت لەوە دەکات کە گەلی کورد پشتیوانی لە خەباتی گەلانی رۆژهەڵاتەکەی خۆمان دەکات، خەباتی گەلانی فەلەستین، کەنداو، ئەرتیریا، ئێران و تورکیا و دەبێتە دەنگی هاوکاری لەگەڵ شۆڕشە سەرفرازەکەی فەلەستین کە گرنگییەکی مێژوویی هەیە، بەتایبەتی بۆ تێکۆشانی گەلانمان لەم قۆناغە مێژووییەدا. لە دوتوێی لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیەدا تێکۆشانی گەلی کوردستان رەنگ دەداتەوە. ئەم رۆژنامەیە بەرگری لە خەباتی گەلی کوردستان دەکاو بڕێکی زۆرتری راستی سەبارەت بە رەوایی و بایەخی مێژوویی ئەم خەباتە بۆ نەتەوەی عەرەبی برا ئاشکرا دەکات.

هەروەها دروشمە بەناوبانگەکەی «لەسەر بنەمای برایەتیی کوردو عەرەب، پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی تێك دەشکێن» بەرز دەکاتەوەو بانگەشە بۆ ئەم راستییە دەکا کە سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەب لە تێکۆشانیدا دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، بۆ گەلی کوردیش سەرکەوتنە، هەروەك سەرکەوتنی نەتەوەی کوردیش لە تێکۆشانیدا دژی ئیمپریالیزم و حکومەتە کۆنەپەرستە داگیرکەرەکانی نیشتمانەکەی سەرکەوتنە بۆ نەتەوەی عەرەب.

سەرەنجام، ئەم رۆژنامەیە ناوی شەرارەی هەڵگرتووە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو پزیسکەی کە بڵێسەی لێ دروست دەبێ، بڵێسەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کە بۆ رزگارکردنی عیراق لە فاشیزم و وەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کورد هانا بۆ جەنگی درێژخایەنی گەل دەبات. بۆیە، ئەم رۆژنامەیە هەموو هەوڵ و توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ببێ بەو گڕەی کە چڵکی فاشیزم و سەرکردایەتیی خێڵەکی- بورژوازیی ساتوسەوداکاری کوردستان رادەماڵێ و دەشبێ بەو بڵێسەیەی کە رێگای خەبات رۆشن دەکاتەوەو ئەو دەشت و دەرە پانوپۆڕەش دەسوتێنێ کە تێیدا فاشیستە تاوانبارەکان تەراتێن دەکەن. گەلەکەمان ورەی بەرزە، جەماوەرەکەشمان لە ژیانی سەرشۆڕی و زەبونی و دۆخی خنکێنەری تۆقاندن بێزار بووە، مەرجە بابەتییەکانی راپەڕینی جەماوەریش هەیەو هەر ئەوەندە ماوە پێداویستییە خۆییەکانی بۆ دابین بکرێ بۆ ئەوەی پزیسکەکە بڵێسەی لێ دروست بێ. فاشیزمی فەرمانڕەوا هێزێکی توندوتۆڵ نیە. بگرە بەپێچەوانەوە، فاشیزم دەسەڵاتێکی خوێناوییە، گەل رقی لێ هەڵگرتووەو لە سۆنگەی ناکۆکییەکانییەوە، لە ناوەوە کلۆرو داخوراوەو تەنها بە زەبری هێز ماوە.

لە کۆتاییدا، ئەم رۆژنامەیە ئەو پزیسکە دەبێ کە بڵێسەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی لێ دروست دەبێ و هەر ئەم بڵێسەیەشە کە رێگای رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیمان، رێگای خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەی تەبا لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبی عیراق لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوی تێکۆشەرانەدا، رۆشن دەکاتەوە. ئەم بەرەیە دەبێ زادەی گۆڕینی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق بێ بە بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو و دەبێ یەکێتییەکەشمان بەشداریی تێدا بکا، بۆ ئەوەی ئەم بەرەیە رابەرایەتیی شۆڕشی گەلی عیراق بە هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبەوە بکات بۆ روخاندنی دیکتاتۆریی فاشیستی و هێنانە کایەی حکومەتی فرەیی دیموکرات کە ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ جەماوەری گەلی عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عیراق دەستەبەر دەکات.

سەرچاوە: رۆژنامەی شەرارە، ژمارە ١، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەمی ١٩٧٥، ل ١.

تێبینی: سەروتارەکە تاڵەبانی نوسیویەتی.

## پاشکۆی ژمارە ٢

### دوایین سەروتاری رۆژنامەی شەرارە<br>مانگرتن و کۆتایی هێنان بە مانگرتن: ئاماژەو پێدراوەکان

نیوەڕۆی ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٩١، لەسەر داوای سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، مانگرەکان کۆتاییان بە مانگرتنە دلێرەکەیان هێنا.

مانگرە کوردستانییەکان جارێکی تر راستگۆیی دروشمەکانی بزوتنەوەی مانگرتنیان سەلماندەوە کە بریتی بون لە نان، ئاسودەیی، ئاشتی و پاراستنی یەکڕیزیی گەلی کورد، هەرچەند دەکرا مانگرتنەکە بۆ ماوەیەکی زۆرتریش بەردەوام بوایە، بەتایبەتی کە مانگرەکان ورەیەکی بەرزیان هەبوو. سەربار، مانگرتنەکە ئامانجی میدیایی خۆی هێنایە دی و لەم سەروبەندەدا چەندەها وتار لە رۆژنامە بیانییەکان بڵاو کرانەوەو لە ئێزگەکان پەخش کران و ئاژانسە جیهانییەکانی هەواڵ و دەنگوباسی مانگرتنەکەیان روماڵ کرد. بەڵام زەقترین رواڵەتی بزوتنەوەی مانگرتن، مۆرکە جەماوەرییە فراوان و پان و بەرینەکەیەتی کە وای لە ملیۆنان کەس کرد پشتیوانی لە مانگرەکان بکەن.

سەعات ٨ی ئێوارەی رۆژی ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٩١، یەك ملیۆن رۆڵەی گەلی کورد بە دەم نزاو

هوتاف کێشان و بەرزکردنەوەی دروشمەوە، رژانە سەر شەقام و مەیدانە گشتییەکان، مزگەوتەکان پڕ بون لە نوێژکەر ، زەنگی کڵێسەکان بۆ تەندروستیی مانگرە کوردستانییەکان لێدرا.

لە راستیدا بزوتنەوەی مانگرتنی مەزنی کوردستان ئامانجە سەرەکییەکەی بەدی هێنا کە خۆی لە تۆکمەکردنی هۆشیاریی خەباتی ئاشتییانەی گەلی کوردستاندا نواندووە. هەروەها کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش ویستی داهێنەرانەی خۆیان بۆ تێپەڕاندنی چوارچێوە کلاسیکییە کۆنەکانی پەیوەست بە شێوەکانی خەبات، وەدی هێنا.

راپەڕینی نان و ئاسودەیی و ئاشتی لە کوردستانی عیراق پشکۆیەکی تازەی لە ژێر خۆڵەمێشدا گەشاندەوەو ملیۆنان هاووڵاتیی کوردستانی لە یەك سات و چرکەدا هێنایە سەر شەقامەکان.

پەرۆشیی مانگرە کوردستانییەکان بۆ یەکڕیزیی گەل، مایەی پێداهەڵگرتن و رێزلێنانە، ئەوەش کاتێك بڕیاریاندا بە پیر داوای بەرەی کوردستانییەوە بچن و کۆتایی بە مانگرتن بهێنن، چونکە یەکڕیزی، چەکی سەرکەوتنەو یەك گوتاری، کتێبە پیرۆزەکەی گەلانە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، رۆژنامەو ئاژانسەکانی هەواڵ و ئێزگە جیهانییەکان هەواڵەکانی مانگرتنەکەیان رومالّ کرد. هەروەها میر سەدرەددین ئاغاخان، نێردراوی نێودەوڵەتیی کاروباری ئاوارەکان، لە بارەگاکەی لە ژنێڤەوە پەیوەندیی بە مام جەلالەوە کردو جەختی کردە سەر کۆششی خۆی و تیمەکەی، بۆ پەلەکردن لە جێبەجێ کردنی داواکارییە مرۆییەکانی گەلی کورد لەسەر ئاستی ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکە، واتە لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش.

هەروەها حکومەتی ئەمریکا بە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی راگەیاند کە پەرۆشە بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکانی شاری کەرکوك بۆ ماڵ و جێی خۆیان، لە کاتێکدا رادیۆی دەنگی ئەمریکا باسی کرد کە ئەو ئاوارانە بە سەربەرزییەوە دەگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆیان و لەم سەروبەندەدا هێزەکانی چەکوشی ئامادە لە شوێنەکانی خۆیان ماونەتەوەو لە ئامادەیی تەواو دان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی رژێمی کیمیایی عیراق بۆ زیان گەیاندن بە گەلی کورد.

لە لایەکی ترەوە، ماوەی مانەوەی نوێنەرایەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان درێژ کرایەوە.

هەروەها پێویستە ئاماژە بە دیاردەی بەشداریی هاووڵاتییانی کوردی سەرانسەری کوردستان لە بزوتنەوەی مانگرتندا بکرێ. لەم سەروبەندەدا چەندەها گەنجی کوڕو کچی کورد لە ئێران و تورکیاو سوریاوە هاتن بۆ کوردستانی عیراق و چوونە پاڵ براکانیان، قارەمانەکانی مانگرتن.

مانگرتنە جەماوەرییەکەو کۆتایی هێنان پێی لەسەر داوای بەرەی کوردستانی، لە کۆتا وێستگەدا ئەم واتایانەی هەیە:

*گەلی کورد گەنجینەیەکی تازەوەبوو و گەورەی شێوەکانی خەباتی هەیە، لەوانە بە شێوەیەکی تایبەت تێکۆشانی ئاشتییانە.

*یەکڕیزیی گەل پرسێکی پیرۆزە.

*جەماوەر دەتوانێ قسەی خۆی بکاو بەو ژمارە ملیۆنییەی کە دڵخوازی گەلانە، دەتوانێ داواکانی رابگەیەنێ و بخاتە روو.

*جیهان تا دێ باشترو بە شێوەیەکی قوڵ راستیی مەسەلەی کورد تێدەگا.

*رژێمی کیمیایی فەرمانڕەوای عیراق وای لێ هاتووە هێندە قێزەون و بێزراوە، هەر ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە بۆ هەتا هەتایە کوردستان بەجێ بێڵێ و بڕوا.

*دیموکراسی مەرجی بنەڕەتیی ژیانی هەر رژێمێکی سیاسیی تازەیە کە جێی دیکتاتۆرییە کیمیاییە قێزەونەکە دەگرێتەوە.

تێبینی: سەروتارەکە عەباس بەدری بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی شەرارە، ژمارە ٧، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

## شەریف فەرەج نادر کۆکۆیی*




فەرماندەی کەرت. ناسراو بە شەریفە سور. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی گوندی سەرچاوگی کۆکۆیی لە ناوچەی شارەزوور. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی یەکی هەرێمی ١ی هەورامان و لەو ماوەیەدا لە ناوچەی هەڵەبجە بەشداریی زۆربەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کردووە. ساڵی ١٩٨٤ بۆ کەرتی ٤ی تیپی ١٥ی شارەزور گوازراوەتەوەو لەوێ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ئۆپەراسیونی هێزی پشتیوان و شەڕەکانی دۆڵی جافەتیو شارەزورو شارباژێر کردووەو لە ساڵی ١٩٨٥ دا کراوەتە فەرماندەی کەرت لە تیپی ١٥ی شارەزور.

لە٤ی ئەیلولی ١٩٨٦ دا لە کاتی بەڕێوەچونی شەڕەکانی قەیوان ـ ماوەت بە سەختی بریندار بوو. لە٨ی ئەیلولدا لە نەخۆشخانەی گوندی گەورەدێ بە هۆی سەختیی برینەکانییەوە شەهید بوو. تەرمەکەی لەگوندی کانی هەنجیری ناوچەی قەرەداغ بە خاك سپێردرا.

## شەفیق زاهیر کەریم*



فەرماندەی کەرت. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی شاری کۆیە. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرە کە تۆمارێکی سەروەریی لە کوردایەتیدا هەیە. خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە. باوکی، کاریگەریی زۆری لەسەر دیاری کردنی رێچکەی ژیانی ئایندەی هەبووە چونکە لە ساڵی ١٩٦١ ببوو بەپێشمەرگەو دواتریش پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردبوو و لە ساڵی ١٩٦٩دا شەهید ببوو. بۆیە شەفیقیش لەتافی لاوێتیدا زوو تێکەڵ بە ژیانی سیاسی ببوو، ببوە پێشمەرگە و لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێکیش بوو لە دەستەی تایبەتی پارێزگاریی تاڵەبانی.

لە ساڵی ١٩٧٤دا دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بەشدار بوو لە شەڕەکانی ماکۆك و شیشارو بێتواتە. پاش هەرەسی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ویستی لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا بە شێوەی پارتیزانی درێژە بەپێشمەرگایەتی بدەن بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت کارەساتەکە لەوە گەورەترە کە بیری لێ دەکردەوە. بۆیە، بە ناچاری گەڕایەوە بۆ کۆیەو لە فەرمانگەی شارەوانی بە شۆفێر دامەزرا.

لەو ماوەیەدا بە هۆی خالید سەعیدەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو کرایە لێپرسراوی پێشمەرگەکانی ناوشار لە کۆیە. لە ساڵی ١٩٧٧دا بەشداریی لە

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا کرد لە ناو شارو تێیدا ئارپیجیی لە بارەگای لیوای کۆیە دا. هەر ئەو ساڵە رەفیقی برای کە پێشمەرگە بوو، کەوتە بۆسەوەو دەستگیر کراو دواتر لە بەندیخانەی موسل لە ٢٧ی نیساندا لە سێدارە درا. لەسێدارەدانی برای، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەجێ هێشت، بۆیە هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو دوای پێکهێنانی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر پلەی فەرماندەی کەرتی پێ درا.

لە ساڵی ١٩٧٩ دا کاتێك بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا بۆوە، ئەویش لەگەڵ جیابووەکان ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەجێ هێشت، بەڵام زۆری نەبرد گەڕایەوە بۆ ناو ریزەکانی یەکێتی. لەم سەروبەندەدا و لە چوارچێوەی پلانی پێشمەرگایەتیدا، ناوچەی بیتوێن لە سنوری هەرێمی ٧ی باڵەك و هەروەها ناوچەکانی دۆڵی خەلەکان و دەشتی کۆیەو تەقتەق لە سنوری هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر جیا کرانەوە، یەکەیەکیان بە ناوی قوەتی حاجی قەڵاوە لێ پێك هێنراو فەرماندەیی قوەتەکە بە شەفیق زاهیر سپێردرا. لەو ساڵەدا یەکێ لە گەورەترین چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی دەشتی کۆیە لەسەر دەستی شەفیق زاهیر ئەنجام درا، کاتێك هێزی پێشمەرگە لە٩ی ئابدا بە کلاشنکۆف و ئارپیجی هێرشی کردە سەر بارەگای ئەمنی کۆیە. ئەم چالاکییە کاربەدەستانی حکومەتی عیراقی لە کۆیە تاساند و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەیبەتی دەزگای ئەمن بەجێ هێشت. بۆیە، دەزگاکانی هەواڵگری بە درێژایی دوو رۆژ بەدوایدا گەڕانو زانیارییان لەسەر جموجوڵی کۆکردەوە، تا لەگوندی قورە بەرازەی دەشتی کۆیە دۆزییانەوە. لە١١ی ئابدا هێزێکی گەورەی سوپای عیراق و جاشەکان بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەر هێرشی کردە سەر قورە بەرازەو پاش شەڕێکی دەستەویەخە شەفیق زاهیرو ١٣ پێشمەرگە شەهید بونو پێنج پێشمەرگەی دیکەش بە برینداری بە دیل گیران. شەفیق چوارەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.

بابەتی پەیوەندیدار:

قورە بەرازە (شەڕ).

## شەقڵاوە (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکان)

کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ٢٠ی ئابی ١٩٩١ لە هۆڵی ئوتێلی گەشتیاریی شەقڵاوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی رێککەوتنی نێوان حکومەتی عیراق و بەرەی کوردستانی.

پرۆسەی دانوستان لە نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراق بە شێوەیەکی فەرمی لە ٧ ی نیسانی ١٩٩١ دەستی پێ کردبوو، کاتێك حزبەکانی بەرەی کوردستانی لە کۆبونەوەی خەلیفان تاڵەبانییان راسپارد سەرۆکایەتیی شاندێك بە ناوی بەرەی کوردستانییەوە بکاو لە بەغدا دەرگای دایەلۆگ لەگەڵ حکومەتی عیراق بکاتەوە. سەردانەکە رێی بۆ دانوستان خۆش کرد، بەتایبەتی کە پێش سەردانەکە بە دوو رۆژ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی دەرکرد بوو کە لە ماددەی دووەمیدا داپلۆسینی کوردی بە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ناساند بوو و داوای دەستپێکردنی «دایەلۆگێکی کراوە»ی بۆ «دەستەبەرکردنی رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافە سیاسییەکانی هەموو هاووڵاتییە عیراقییەکان» کردبوو. یەکەم گەڕی فەرمیی دانوستان لە ٢٠ی نیسان دەستی پێ کردو لە ٢٨ی نیسان کۆتایی هات.



دواتر ئەركی وتووێژو سەرۆكایەتی كردنی شاندی دانوستانكاری بەرەی كوردستانی بە مەسعود بارزانی سپێردرا.

هــەردولا لــە دانوســتانــەكـانـدا گــەلاڵــەی چەند رێككەوتنێكیان ئامادە كرد، لەوانە پەیپەری ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی ناوچە جێناكۆكەكان كە بیرۆكە سەرەكییەكانی لــە هــەمــان پێشنیارەكانی ئاسایی كردنەوەی دانوستانی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و حكومەتی عیراق وەرگیرا بون. هەروەها هەردولا لەسەر هەمواركردنەوەی یاسای ژمارە **٣٣**ی ساڵی **١٩٧٤** ی ئۆتۆنۆمی ڕێك كەوتن و پڕۆژەی بەیاننامەی سیاسیی رێككەوتنی نێوان هەردولا ئامادە كرا.

پـاش وردبـونــەوە لــە نـاوەڕۆكـی رێككەوتنەكەو خوێندنەوەی دیكۆمێنتە ئامادەكراوەكان، دوو ئاراستە سەبارەت بە رێككەوتن لەگەڵ حكومەتی عیراق لە ناو بەرەی كوردستانی هاتە ئاراوە. پارتی دیموكراتی كوردستان پشتگیریی رێككەوتنی لەگەڵ حكومەتی عیراق كرد، لە كاتێكدا هەموو لایەنەكانی تر دژی رێككەوتنەكە وەستانەوە. وردتـر، لایەنەكانی بەرەی كوردستانی لـە روی پرنسیپەوە دژی رێككەوتن لەگەڵ حكومەتی عیراق نـەبـون، بـەڵام سەرنج و تێبینیی وردیـان لەسەر ئەو رێككەوتنە هەبوو كە بارزانی لەگەڵ حكومەتی عیراق پێی گەیشتبوو. لە ناو دیكۆمێنتەكانی دانوستاندا، لایەنە سیاسییەكان سەرنجێكی ئەوتۆیان لەسەر پەیپەرەكەی تایبەت بە ئاسایی كردنەوەی رەوشی ناوچە جێناكۆكەكان تۆمار نەكرد. بـەڵام تێبینییەكی زۆریـان لـەسەر پـڕۆژەی بەیاننامەی سیاسیی رێككەوتنەكە هەبوو و پێیان وابـوو ئـەو بەیاننامە سیاسییە رەوایــی بـە هـەمـوو رەفتارو هەڵسوكەوتەكانی ساڵانی رابـردوی حزبی بەعس دەداو دەستكەوتێكی زۆریش بۆ گەلی كورد دابین ناكات. سەبارەت بە هەمواركردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمیش، لەو بڕوایەدا بون كە هەمواركردنەوەكە شتێكی ئەوتۆی لە ناواخنی یاساكە نەگۆڕیوە. بۆیە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و لایەنە سیاسییەكانی

تری بەرەی کوردستانی ڕێککەوتنەکەیان ڕەت کردەوە. نەبونی هاوهەڵوێستی سەبارەت بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عیراق، لێکترازانێکی گەورەی لە ناو بەرەی کوردستانی دروست کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بە سەختی بەرگریی لە ڕێککەوتنەکە کردو بارزانی هەڕەشەی کرد کە ئامادەیە بە تەنها ڕێککەوتنەکە واژۆ بکات.

لە کۆبونەوەکەی شەقڵاوە تاڵەبانی بە شێوەیەکی بابەتییانە ڕێککەوتنەکەی هەڵسەنگاند، وتی ڕێککەوتنەکە هەر هەموی خراپ نیە، بەڵکو هەندێ خاڵی باشی تێدایەو لەم سەروبەندەدا رونی کردەوە کە ڕێککەوتنەکە، بە دیاریکراوی، چوار خاڵی باشی تێدا بەدی دەکرێ. یەکێکیان (ماددەی هەشتەم) رازیبونی حکومەتە بە گێڕانەوەی ڕاگوێزراوەکانی شارو گوندەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان، دووەمیان دابین کردنی موچەی خانەنشینییە بۆ کەسوکاری شەهیدان، سێیەمیان گێڕانەوەی خێزانە کوردو عەرەبەکانی ناوچە جێناکۆکەکانە بۆ شوێنەکانی خۆیان و چوارەمیان جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە ٩٠ی ساڵی ١٩٧٥ی چاکسازیی کشتوکاڵییە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی. لە بەرامبەردا، تاڵەبانی نیگەران بوو لە چەککردنی هێزی پێشمەرگەو تێکهەڵکێشبونی تەواو لەگەڵ سیستمی سیاسیی عیراق بە بێ بەدەستهێنانی هیچ گەرەنتییەك. هەروەها تاڵەبانی پێی وابوو یاسای ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٤ی ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی نمونەیی هەموار نەکراوەتەوەو دەسەڵاتەکانی دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی شتێکی ئەوتۆیان بۆ زیاد نەکراوە. لە پاڵ هەموو هۆکانی ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنەکەدا، هۆیەکی دیکەش هەبوو کە تاڵەبانی و زۆربەی لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانیی هان دەدا دژی ڕێککەوتنەکە بوەستنەوە، ئەویش ئەوە بوو کە زلهێزەکانی جیهان سەرقاڵی دانانی بناغەی سیستمێکی نوێ بون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە جێی ڕژێمی عیراقی تێدا نەدەبۆوەو دەکرا کورد تێیدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبێ.

لە کۆبونەوەکەی شەقڵاوەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان رای سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکاندا نەبوو. کۆبونەوەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە پەلە لە پەسندکردنی ڕێککەوتنەکە نەکرێ و نابێ یەك لایەنی ناو بەرەی کوردستانی بە تەنها بڕیار لەسەر چارەنوسی ڕێککەوتنەکە بدا. پاش کۆبونەوەکە، ئێزگەی «دەنگی گەلی کوردستان» تۆنی ڕەخنەگرتنی لە ڕژێمی عیراق بەرز کردەوەو ئاستی هێرش کردنی بەرەو ژور برد. هەر دوا بە دوای ئەوەش، بڕیار درا هەردوو ڕۆژنامەی «شەرارە»و «ڕێبازی نوێ» دەست بە دەرچون بکەنەوە. ئیتر ئەوانیش چونە پاڵ هەڵمەتەکە. لە ٢٩ی ئابدا تاڵەبانی لە کۆڕێکی جەماوەریی فراواندا لە هەولێر، وتارێکی لە بەردەم زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس خوێندەوە، تێیدا وتوویژی بە «شێوەیەکی خەبات» داناو دژی ئەوە وەستایەوە کە یەك لایەن بڕیار لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عیراق بداو ئاماژەی بەوە دا کە حکومەتی عیراق هێشتا لانی کەمی داخوازییەکانی کوردی نەسەلماندووەو ئەمەی وا لێکدایەوە کە حکومەت نایەوێ بە ڕێوشوێنی سیاسی و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەری مەسەلەی کورد بکات. هەر لەم سەروبەندەدا ڕۆژنامەی «شەرارە» لە ژمارەی یەکەمی خولی هەشتەمدا کە لە ١٤ی ئەیلولی ١٩٩١ دا دەرچووە، لە سەروتارێکدا کە تاڵەبانی خۆی نوسیویەتی، جەختی کردە سەر پاراستنی یەکڕیزیی بەرەی کوردستانی و ئەمەی بە «ئەرکێکی نیشتمانی و مێژوویی و پیرۆز» دایە قەڵەم و داوای جێبەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆی کرد کە لایەنە ئەندامەکان بەوە پابەند دەکا کە بڕیار بە کۆدەنگی بدەن. هەروەها سەروتارەکە سەرنجی بە

لای ئەوەدا راکێشا کە نابێ هیچ لایەنێکی ئەندامی بەرەی کوردستانی بە شێوەیەکی تاکڕەوانە بڕیار لەسەر پرسێکی سیاسیی گرنگ و چارەنوسساز بداو داوای کرد لایەنە ئەندامەکان یەکێتیی بەرەی کوردستانی بە «پیرۆز» بزانن و ئەم یەکێتییە «بە باشتر بزانن لە هەر ڕێککەوتنێك لەگەڵ هەر لایەنێکی حکومی یان جەماوەری، لە ناوخۆدا یان لە دەرەوەدا».

بە هەمان پێودانگ، سەروتاری یەکەم ژمارەی خولی هەشتەمی رۆژنامەی «رێبازی نوێ» کە لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٩١ دەرچووە، رونی کردەوە کە «بەرەی کوردستانی یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی چەند ساڵی ئەم دواییە. سەقامگیرکردنی بەرەی کوردستانی ئەرکێکی نیشتمانی و مێژوییە»و لەم سەروبەندەدا دەری بڕی کە «ئێمە وای بۆ دەچین کە پاراستنی گیانی یەکگرتن و هاریکاری لە نێوان لایەنەکانی بەرەی کوردستانی کارێکی پیرۆزو گرنگەو هەر ڕێککەوتنێك کە دەشێ بەرەی کوردستانی لەگەڵ هەر لایەنێکدا بیکا، دەبێ بە تێکڕای دەنگ ئەنجام بدرێ». سەروتارەکە رونی کردەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دژی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە رێوشوێنی ئاشتییانە نیە بەڵام «دەبێ هەر ڕێککەوتنێك لانی کەمی خواستە سیاسییەکانی جوڵانەوەی کورد بسەلمێنێ» و لەم سەروبەندەدا بەو ئەنجامە گەیشت کە «لە هەموی گرنگتر، هاریکاریی نێوان لایەنەکانی بەرەی کوردستانییە بۆ پەسندکردنی ئەو ڕێککەوتنە» چونکە ئەمە «یەکێتیی ریزەکانی گەل دەپارێزێ و گەلەکەمان لە دەردەسەری و مەینەتی دور دەخاتەوە».

ئەگەر لە باری سەرنجی مێژوییەوە، هەڵسەنگاندن بۆ پڕۆژەی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان بەرەی کوردستانی و رژێمی عیراق بکرێ، دەردەکەوێ کە ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە واژۆ بکرایە، زیانێکی گەورە لە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد دەکەوت و مەسەلەی کورد هەم ئەو هاوسۆزییە نێودەوڵەتییەی دەدۆڕاند کە لە سۆنگەی کۆڕەوە ملیۆنییەکەوە چنگی کەوتبوو، هەم دەگەڕایەوە ناو قاوغی ئۆتۆنۆمیی ناوخۆیی، هەم دەرگای بە روی هاتنە ئارای هەر گۆڕانکارییەکی ریشەییدا لە ناوخۆی عیراق دادەخست و هەم لە روی ستراتیجییەوە ئەو هەلەی لە دەست دەچوو کە بەرژەوەندیی خۆی بە بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە گرێ بدا. سەربار، هیچ شتێك گەرەنتیی ئەوەی نەدەکرد کە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، بەغدا پاش ئەوەی کە لە ملۆزمە نێودەوڵەتییەکان رزگاری دەبێ، بێ مننەتی نانوێنێ و لە ڕێککەوتنەکە پەشیمان نابێتەوە.

لە هەموی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە ماددەکانی پڕۆژەی ڕێککەوتنەکە بەعسییەکان نوسی بویان و پرۆژەکە زۆر بە رونی جێ پەنجەی تێڕوانینی بەعسییانەی پێوە دیار بوو، تەنانەت داواکارییەکانی کوردیش بەعسییەکان خۆیان دایانڕشتبوو. بۆیە بەشێکی زۆری دەقەکانی ڕێککەوتنەکە، بێزارکەرو ئومێدبڕ بون. هەر لە دەستپێکی پڕۆژەی بەیاننامەی سیاسیی ڕێککەوتنەکەدا، دەقەکە سەرزەنشتی بە ناو «هەڕەشەی دەرەکی» دەکاو مەبەستی لەم دەستەواژەیە هەم هێرشی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییە بۆ رزگارکردنی کوێت و دەرکردنی هێزەکانی عیراق هەم دەستێوەردانی مرۆڤانەیە بۆ دابین کردنی هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان لە تورکیاو ئێرانەوە کە ژمارەیان خۆی لە قەرەی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە دەدا. سەرباری ئەوەی کە دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕین لە باکوری هێڵی پانیی ٣٦ لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی پرۆڤاید کۆمفۆرت Provide comfort، لە تێڕوانینی

فەرمیی عیراقدا درێژەپێدەری «هەڕەشەی دەرەکی» بووە. دەقەکەی ناو پڕۆژەی بەیاننامەی سیاسیی ڕێککەوتنەکە بە جۆرێك داڕێژرابوو کە کوردی وەك دوژمنی دەستێوەردانی مرۆڤانە پیشان دەدا گوایە پشتگیری لەوە دەکا کە ئەم دەستێوەردانە «سەربەخۆیی نیشتمان و سەروەری و دەستکەوتەکانی خەباتی نیشتمانیی کردۆتە ئامانج». پەیوەند بەم مەسەلەیە، دەقەکە دەم و دەست پاش ئەو رستەیە، مانای «دەستکەوتەکان»ی خەباتی نیشتمانیی رون کردۆتەوە کە ئەوانەن کە لە سایەی هەردوو کودەتاکەی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ هاتونەتە دی. پڕۆژەی بەیاننامەکە نیشانی داوە کە حزبی بەعس و بەرەی کوردستانی بڕیاریان داوە پێکەوە «بە شێوەیەکی هاوبەش و هاوکارانە لێپرساوەتی و شەرەفی خزمەت کردنی وڵات بگرنە ئەستۆ». هەر لەم سەروبەندەدا دەقەکە جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە هەردولا، حزبی بەعس و بەرەی کوردستانی، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێکەوە بەرگری لە عیراق بکەن و «مافی گەلەکەی لە هەڵبژاردنی رژێم و سەرکردایەتیی سیاسیی خۆی بپارێزن»و بەرگری لەو دەسکەوتانە بکەن کە رژێمی عیراق بەدەستی هێناون. دەقی ناوبراو وای نیشان دەدا کە عیراقییەکان بەوەی کە بەرپەرچی «هەڕەشەی دەرەکی» دەدەنەوە، بەرگری لە مافی خۆیان لە هەڵبژاردنی رژێمی سیاسی و سەرکردایەتیی سیاسیی خۆیان دەکەن، کە ئەمەش لە ناوەڕۆکدا رەوایی دانە بە رژێمی بەعس و سەرکردایەتییەکەی کە گوایە عیراقییەکان بە ئارەزوی خۆیان هەڵیانبژاردووەو بەرگریشی لێ دەکەن.

پڕۆژەی بەیاننامە سیاسییەکە بە ناو ناوی سەددام حسێن دێنێ و بە «ئەندازیار»ی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و ئۆتۆنۆمی دایدەنێ و لە پێداهەڵگوتنێکی بێ بنەمادا، ئەو بە «گەرەنتییەکی بنەڕەتیی پاراستنی ئەو دەستکەوتە» دەداتە قەڵەم. پڕۆژەی بەیاننامەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەردولا لەسەر ئەوە رێککەوتون کە چەند ناوچەیەکی تر بخرێنە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەڵام دەقەکە ناوی هیچ ناوچەیەك ناهێنێ. لە دەقەکەدا سێ جار ناوی سەددام حسێن هاتووە، دوو جاریش دەستەواژەی «شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەموزی ١٩٦٨» بەکار هێنراوە.

پاش تەواوبونی ئەم پێشەکییە، پڕۆژەکە دەچێتە سەر دەقەکانی رێککەوتنەکە کە لە ٢٠ ماددە پێك هاتون. ماددەکانی ١ و ٢و ٧ بۆ وردەکارییەکانی لێبوردنی گشتی تەرخان کراون. ماددەکانی ٣و٤ بۆ گێڕانەوەی ئەندامە دەرکراوەکانی بەرەی کوردستانی بۆ خزمەت و فەرمانگەکانی پێشویان تەرخان کراون، لە کاتێکدا لە ماددەکانی ٥ و ٦ دا هەوڵ دراوە چارەسەر بۆ کێشەکانی خوێندکارانی سەر بە بەرەی کوردستانی بدۆزرێتەوە. لە ماددەی ٨ دا حکومەت سیستمی راگواستنی دێهاتی هەڵوەشاندۆتەوەو رێی داوە راگوێزراوەکان بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. لە ماددەی ٩، ١٥، ١٦ دا بەرەی کوردستانی رەزامەند بووە بە رادەست کردنەوەی ئێزگەو هەموو چەکەکانی و هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە. لە ماددەی ١٠ دا حکومەت رەزامەند بووە بە دامەزراندنی زانکۆیەك لە پارێزگای سلێمانی. لە ماددەی ١١دا حکومەت پابەند بووە بە دابین کردنی موچەی خانەنشینی بۆ کەسوکاری شەهیدانی بەرەی کوردستانی. ماددەکانی ١٢و ١٣و ١٤ بۆ بوژاندنەوەی ئابوریی ناوچەکەو هەڵوەشاندنەوەی یاسا نائاساییەکان تەرخان کراون. لە ماددەی ١٧ دا حکومەت رەزامەند بووە بە گێڕانەوەی خێزانە کوردو عەرەبە دەرکراوو هاوردەکانی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان. ماددەی ١٨ بۆ دۆزینەوەی چارەیەك بۆ کوردە فەیلییەکان تەرخان

كراوەو تێیدا حكومەت ڕەزامەند بووە كوردە فەیلییە گیراوەكان ئازاد بكاو لێ گەڕێ لە كوردستان بژین. ئەوانەش كە لە عیراق دەركراون، بۆیان هەیە لە ماوەی دوو ساڵدا بگەڕێنەوە بۆ عیراق و لە كوردستان نیشتەجێ بن نەك لە ناوچەكانی دەرەوەی كوردستان. ماددەی ١٩ بۆ جێبەجێ كردنی یاسای ژمارە ٩٠ی ساڵی ١٩٧٥ ی تایبەت بە چاكسازیی كشتوكاڵ لە كوردستان تەرخان كراوەو لە ماددەی ٢٠ دا كە دوایین ماددەی پڕۆژەكەیە حكومەت ئامادەیی نیشان داوە كە «ئەوەندەی لە توانای دایە» لەو ناوچانەی كە لە دەرەوەی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دان و ژمارەیەكی بەرچاوی كوردیان تێدا دەژی، كورد لە فەرمانگە حكومییەكان بە كارمەند دابمەزرێنێ.

پەیوەست بە هەوڵەكانی هەمواكردنەوەی یاسای ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٥ی ئۆتۆنۆمی، دانوستانكارە كوردەكان نەیانتوانی بوو یاسای ئۆتۆنۆمی بە چەشنێكی پەسندكراو هەموار بكەنەوە، بۆیە دەستكاری كردنەكە كاڵ و سەرپێیی بوو و گۆڕانكارییەكی ئەرێنیی بەسەر یاساكەدا نەهێنا بوو. لە بڕگەی پێنجەمی ماددەی ٢ی یاسا هەمواركراوەكەدا حكومەت ڕەزامەندیی نیشان داوە خوێندنگەی كوردی لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بكرێتەوە، ئەویش «بەپێی توانای بەردەست». مەسەلەی خوێندن بە زمانی كوردی بۆ كوردەكانی ناوچە جێناكۆكەكان و ئەو شوێنانەی كە لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ژمارەیەكی بەرچاوی كوردیان تێدا دەژی، مەسەلەیەكی ژیانی و گرنگ بوو، بەڵام داڕشتنی ماددەكە یەكلاكەرەوەو توندوتۆڵ نیە چونكە مەرجی توانای بەردەست، وەك لە ماددەكەدا هاتووە، دەتوانێ بە بیانوی نەبونی توانا پڕۆسەكە لە كار بخات. هەروەها لە بڕگەی سێیەمی ماددەی ٨ دا، حكومەت بەخشندەیی نواندووەو ئامادە بووە بودجەیەكی تایبەت بۆ ماوەی پێنج ساڵ كە یارای تازەكردنەوەیە، بۆ ناوچەكە دابین بكات، ئەویش «بۆ دەستەبەركردنی گەشەكردن و پەرەسەندنی ناوچەكە شان بە شانی ناوچەكانی دیكەی كۆماری عیراق». بەڵام خراپترین لایەنەكانی مەسەلەكە ئەوەیە كە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی نە لە یاسا كۆنەكەدا دەسەڵاتی دەركردنی یاسای هەیە نە لە یاسا هەمواركراوەكەداو دەسەڵاتی، بەپێی بڕگەی دووەم و سێیەم و چوارەمی ماددەی ١٢، لەوە تێناپەڕێ كە «بڕیاری یاسایی» دەر بكات.

لە یاسا كۆنەكەدا سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پلەی وەزیریان هەیە، بەڵام لە یاسا هەمواركراوەكەدا، بەپێی بڕگەی هەشتەم و نۆیەمی ماددەی ١٣، سەرۆكی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی ناوەندی دەبێ و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن پلەی وەزیریان دەبێ. سەبارەت بە دامودەزگاكانی ئاسایشی ناوخۆ، دانوستانكارانی كورد سەركەوتوو بون لە زیادكردنی هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئۆتۆنۆمی. لە یاسا كۆنەكەدا پۆلیس، ئاسایش، ڕەگەزنامەو پۆلیسی هاتوچۆ بە بەڕێوەبەرایەتییەكانی گشتییەكانی وەزارەتی ناوخۆی عیراقەوە بەسترابونەوە، بەڵام لە یاسا هەمواركراوەكەدا پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ڕوی تەكنیكی و كاروباری خزمەتەوە بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكانی وەزارەتی ناوخۆی عیراقەوە بەستراونەتەوە، بەڵام فەرمان لە ئەمینداری گشتیی كاروباری ناوخۆی ناوچەی ئۆتۆنۆمی وەردەگرن. لە دەقەكەدا دەزگای ئاسایش و فەرمانگەی ڕەگەزنامە وەك جاران هەر سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عیراقن و لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمین. سەبارەت

بە گواستنەوەی پۆلیسیش، لە یاسا کۆنەکەدا، وەزیری ناوخۆ بە راوێژ لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن، دەسەڵاتی دانان و گواستنەوەی لێپرسراوانی پۆلیسی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی هەیەو ئەمینداری گشتیی کاروباری ناوخۆی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەسەڵاتی گواستنەوەی پۆلیسی لە چوارچێوەی ناوچەکەدا هەیە. لە یاسا هەموارکراوەکەدا وەزیری ناوخۆ هەمان دەسەڵاتی هەیە بەڵام کارەکە لەسەر داوای ئەمینداری گشتیی کاروباری ناوخۆی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبێ. هەروەها دەسەڵاتی گواستنەوەی پۆلیس لە چوارچێوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە وەزیری ناوخۆ سەندراوەتەوەو دراوە بە ئەمینداری گشتیی کاروباری ناوخۆ.

بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان ناوەندو ناوچەی ئۆتۆنۆمی، یاسا کۆنەکە پۆستی وەزیری دەوڵەتی بۆ هەماهەنگیی نێوان ناوەندو ناوچەی ئۆتۆنۆمی داهێنا بوو، بەڵام لە یاسا هەموارکراوەکەدا ناوەند پۆستی وەزیری دەوڵەتی هەماهەنگیی هەڵوەشاندۆتەوەو «مافی ئاراستەکردنی» ئەمینداریتییەکانی ئۆتۆنۆمیی بۆ خۆی هێشتۆتەوە. سەبارەت بە چاودێری کردنی بڕیارەکانی دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی، یاسا کۆنەکە دەسەڵاتی چاودێری کردنی بڕیارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی بە دەستەی چاودێریی سەر بە دادگای تەمیزی عیراق سپارد بوو، بەڵام لە یاسا هەموارکراوەکەدا بوارەکانی کاری دەستەی چاودێری بە شێوەیەکی وردتر دیاری کراون. هەروەها یاسا هەموارکراوەکە ئەوەی بۆ زیاد کراوە کە یاساکە بە زۆرینەی دوو سێ لە ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی شورا هەموار دەکرێتەوە.

وەك دەردەکەوێ، کەموکوڕییەکانی رێککەوتنەکە لە لایەنە چاکەکانی زۆرترن. رژێمی عیراق زۆر بە لایەوە مەبەست بوو بەرەی کوردستانی بە تێکڕایی، یاخود لانی کەم، ئەندامێکی گرنگی بەرە، رێککەوتنەکەی لەگەڵ واژۆ بکا، چونکە دەیزانی بە واژۆکردنی رێککەوتنەکە بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش دەپوکێتەوەو هیچ بەهانەیەك بۆ دەستێوەردانی مرۆڤانەو پاراستنی رەوشی مافی مرۆڤ نامێنێ. لە هەمووی گرنگتر، رێککەوتنی رژێمی عیراق لەگەڵ کورد هیچی لەسەر نەدەکەوت، بەتایبەتی کە رێککەوتنەکە لە بنەمادا کرچ و کاڵ بوو و هیچ دەرفەتێکی بۆ زلکردنی مەسەلەی کورد نەدەهێشتەوە. جگە لەوەی کە بەغدا، هەر کات بیویستایە، دەیتوانی بیانوو بگرێ و لە رێککەوتنەکە پەشیمان ببێتەوە.

## پاشکۆی ژمارە ١

### پرۆژەی بەیاننامەی سیاسیی رێککەوتنی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراق

لە روانگەی هەست کردنەوە بە لێپرساوەتیی نیشتمانی و هەروەها لە روانگەی باوەڕەوە بە یەکڕیزیی نیشتمانی و لە پەرۆشییەوە بۆ پاراستنی وڵات لە هەڕەشەی دەرەکی کە سەربەخۆیی نیشتمان و سەروەری و دەستکەوتەکانی خەباتی نیشتمانیی کردۆتە ئامانج، بەتایبەتی ئەو دەستکەوتانەی لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و لە سایەی شۆڕشی ١٧-٣٠ ی تەموزی ١٩٦٨ هاتونەتە دی، سەرکردایەتیی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی دەستپێشخەرییان کردو دەستیان بە چاوپێکەوتن و دایەلۆگی برایانەو بنیاتنەر کرد لەپێناوی تاوتوێ کردنی رێوشوێنەکانی پەرەپێدان و سەقامگیرکردنی ئەزمونی ئۆتۆنۆمی و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە هەلومەرجێکی

تایبەتدا رویانداوەو بەدی هێنانی ئاسایش و سەقامگیری و جێبەجێ کردنی یاسا لە ناوچەکەدا. دانیشتنە بەراییەکانی دایەلۆگەکە لە ماوەی ٢٠ی نیسانی ١٩٩١ و ٢٨ی نیسانی ١٩٩١دا ئەنجام دراون. پاشان لە ماوەی نێوان ٧ی ئایاری ١٩٩١ و ١٧ی حوزەیرانی ١٩٩١ دەستیان پێ کرایەوەو دانیشتنەکانی کۆتایی دایەلۆگەکە لە ماوەی نێوان ١٠ی تەموزی ١٩٩١و ٢١ی تەموزی ١٩٩١ ساز کران و بەم رێککەوتنە گەیشتن.

سەرکردایەتیی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لەسەر ئەمانەی خوارەوە رێك کەوتون. ئەو ماددانەی رێککەوتنەکە کە پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە هەیە، خراونەتە بەردەم ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، ئەویش پەسندی کردون.

یەکەم: حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و بەرەی کوردستانی، پاش دایەلۆگێکی بنیاتنەرو ئاڵوگۆڕێکی ئازادو بابەتییانەی بیروڕاو هەڵوێستەکان، لەسەر ئەوە رێك کەوتون کە بە شێوەیەکی هاوبەش و هاوکارانە، لێپرسراوەتی و شەرەفی خزمەت کردنی وڵات بگرنە ئەستۆ، هەروەك لەسەر ئەوەش رێککەوتون کە پێکەوە لێپرسراوەتیی نیشتمانی بگرنە ئەستۆی خۆیان، بەرگری لە سەروەری و سەربەخۆیی عیراق بکەن، یەکێتیی نیشتمانی پتەوتر بکەن، مافی گەلەکەی لە هەڵبژاردنی رژێم و سەرکردایەتیی سیاسیی خۆی بپارێزن و بەرگری لە دەستکەوتەکانی کاری نیشتمانی بکەن، بەتایبەتی ئەو دەستکەوتانەی کە لە سایەی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەموز هاتونەتە دی.

دووەم: حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و بەرەی کوردستانی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دەستکەوتێکی مێژویی گەورەیە کە بەردی بناغەی چارەسەری ئاشتییانەو دیموکراتییانەی مەسەلەی کوردی لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی عیراقدا داناوەو ئەو پرنسیپ و بنەمایانەی لەو بەیاننامە مێژوییەدا هاتون نەخشە رێگایەك بون و ئێستاش ئەو نەخشە رێگایەن کە کێشەکانی تایبەت بە مەسەلەی گەلی کوردی عیراق و بە شێوەیەکی تایبەت مەسەلەی ئۆتۆنۆمییان پێ چارەسەر دەکرێ. حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و بەرەی کوردستان بە چاوی رێزو پێزانینەوە دەڕواننە رۆڵی مێژویی بەڕێز سەرۆکی فەرماندە سەددام حسێن، ئەندازیاری یەکەمی ئەو دەستکەوتە مەزنەو رۆڵی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی کە بەیاننامەی ئازاریان هێناوەتە دی. هەروەها هەردولا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەڕێز سەرۆکی فەرماندە سەددام حسێن گەرەنتییەکی بنەڕەتیی پاراستنی ئەو دەستکەوتەو ئەم رێککەوتنەو دەستکەوتە بەدەستهێنراوەکانی شۆڕش و کاری نیشتمانییە.

سێیەم: سەرکردایەتیی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و بەرەی کوردستانی لەسەر پتەوکردن و پەرەپێدانی ئەزمونی ئۆتۆنۆمی لە هەمو رویەکەوە رێك کەوتون بە جۆرێك کە بە دەنگ پێداویستییەکانی بەرژەوەندیی نیشتمانیی گەلی عیراقەوە بچن، لەوانە مافەکانی گەلی کورد، بۆ ئەوەی گەلی کورد بەشدارییەکی کارا لە ژیانی نیشتمانیدا لەسەر بنچینەی یەکبونی گەل و خاکی عیراق بکات. لە سۆنگەی ئەو پێداویستییانەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاریداوە یاسایەکی نوێ بۆ ئۆتۆنۆمی دەر بکات. هەروەك رێککەوتن لەسەر ئەوە کراوە کە چەند ناوچەیەکی تر بخرێنە سنوری ئیداریی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ئەم مەسەلەیە یاسایەکی تایبەتی بۆ دەردەچێ.

چوارەم: ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کراوە کە یاسای ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و یاسای پارێزگاکان بە لەبەرچاو گرتنی بنەماکانی ئەم ڕێککەوتنە هەموار بکرێنەوە.

پێنجەم: لەسەر بنەمای ئەم ڕێککەوتنە پیرۆزەی نێوان سەرکردایەتیی حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی، ڕێککەوتن لەسەر بەشداربونی نوێنەرانی بەرە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و ئەنجومەنی وەزیراندا کراوەو لە ڕێی ئەم بەشداربونەوە نوێنەرانی بەرە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی لە ئەستۆ دەگرن.

شەشەم: بەرەی کوردستانی بە پێزانینەوە دەڕوانێتە ڕاگەیەندراوەکانی لەمەوبەری بەڕێز سەرۆکی فەرماندە سەددام حسێن و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و وتەکانی بەڕێزی لە وتاری ١٦ی ئازاری ١٩٩١و ١٧ی تەموزی ١٩٩١ سەبارەت بە هەنگاونان بەرەو قۆناغێکی نوێی کاری سیاسیی نیشتمانی لە بوارەکانی فراوانکردنی فرە حزبی و پەرەپێدانی ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ڕواڵەتەکانی تری قۆناغە تازەکە. حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و بەرەی کوردستانی بە ڕێزەوە دەڕواننە بانگەوازی بەڕێزی لە ١٧ی تەموزی ١٩٩١ کە ئاراستەی هەموو عیراقییە نیشتمانپەروەرەکانی تەواوی ڕەوتە فیکری و سیاسییەکانی کردبوو، لەوانەی کە بە تەنگ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی و سەربەرزی و شەرەفمەندی و سەروەری و خۆشیی عیراقەوەن و هەست بە لێپرسراوەتیی نیشتمانیی ڕاستەقینە دەکەن، بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ و فەرامۆش کردنی ئەو ناکۆکی و هەڵسوکەوتە توندوتیژانەی کە لەمەوبەر قەوماون و ئەمڕۆ بارودۆخە بابەتییەکانیان بەسەر چون و بەشداری کردن بە شێوەیەکی بەرپرسانەو هۆشیارانەو چالاکانە لەسەر بنچینەی نیاز پاکی بۆ خزمەت کردنی عیراق، لەم ئەزمونە تازەیەدا.

حزب و بەرە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بە پەرۆشن بۆ تۆکمەکردن و پەرەپێدانی کاروانی دیموکراسی لە وڵاتداو بەرگری کردن لەو پرۆسەیەو پاراستنی لە هەموو جۆرە هەڕەشەو تێکدانێك.

حەوتەم: بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفت و بارودۆخە نائاساییەی کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ڕۆڵەکانی گەلی کوردو ئەندامانی بەرەی کوردستانی لەمەوبەر تێیدا ژیاون و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ و ژیان و پتەوکردنی ڕەوشی ئاسایش و سەقامگیری و سەروەریی یاسا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، ڕێککەوتن لەسەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوە کراوەو لەم سەروبەندەدا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ئەو بڕیارانە دەردەکات کە پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە هەیە، هەنگاوی پێویستیش بۆ جێبەجێ کردنیان دەنرێ.

ڕێککەوتن لەسەر ئەمانەی خوارەوە کراوە:

١-دەرکردنی لێبوردنی گشتی و گشتگیر بۆ کوردو ئەندامە مەدەنی و عەسکەرییەکانی بەرەی کوردستانی و کارمەندە حوکمدراوو ڕاکردوو و دەستبەسەرکراوو گیراوەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو بە یەکجارەکی ڕاگرتنی هەنگاوە یاساییەکانی پەیوەست بە تاوانە سیاسییەکان لە دژیان و ئازادکردنیان. ئەم لێبوردنە هەموو سزاکان دەگرێتەوە، هەروەها دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی لەگوێزانەوە هاتوو و نەهاتوویاندا هەڵدەگیرێ و بڕیارەکانی دەست بەسەردا گرتن هەڵدەوەشێنەوەو تەواوی مافەکانیان پێ دەدرێتەوە.

٢-دەرکردنی لێبوردنی گشتی و گشتگیر بۆ کوردو ئەندامانی بەرەی کوردستانی و بە یەکجارەکی ڕاگرتنی هەنگاوە یاساییەکانی پەیوەست

بە تاوانەکانی راکردن و خۆدزینەوە لە خزمەتی سەربازی وەك لەم یاسایانەدا هاتون: یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ١٩٤٠ی سزای عەسکەری، یاسای ژمارە ٢٨ی ساڵی ١٩٧٢ی سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی راکردن بۆ دەرەوەی وڵات لە کاتی خزمەتی سەربازیداو تاوانەکانی دواکەوتن لە خزمەتی سەربازی بەپێی یاسای ژمارە ٦٥ ی ساڵی ١٩٦٩ی خزمەتی سەربازی. ئەم لێبوردنە گشتییە بۆ ماوەی نەوەد رۆژ لە رۆژی دەرکردنییەوە، کاری پێ دەکرێ.

٣-گێڕانەوەی ئەندامانی بەرەی کوردستانی لەوانەی کە سەر بە هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بون و کارمەندی دەرکراون یان کۆتایی بە راژەیان هێنراوە یان لە سۆنگەی هۆی سیاسییەوە خانەنشین کراون، هەروەها ئەوانەی کە خزمەتگوزارو کرێکار بون، گێڕانەوەیان بۆ خزمەت و ژماردنی ماوەی دورکەوتنەوەیان بە خزمەت بۆ کاروباری زیادکردنی موچە و پلە بەرزکردنەوەو خانەنشینی.

٤-گێڕانەوەی ئەو ئەندامانەی بەرەی کوردستانی کە کارمەندو خزمەتگوزارو کرێکار بون و لەسۆنگەی هۆی سیاسییەوە لە فەرمانگەکانیانەوە بۆ فەرمانگەی تر یان بۆ پارێزگای تر گوێزراونەتەوە، گێڕانەوەیان بۆ خزمەت لە ناوچەکانی خۆیان بەپێی پێویستیی فەرمانگەکان و دەستەبەرکردنی ماف و موچەی ئەوانەی کە زیادەن، ئەویش بە گواستنەوەیان بۆ فەرمانگەکانی تر بە رەچاوکردنی پێویستیی فەرمانگەکان.

٥-گێڕانەوەی ئەو ئەندامانەی بەرەی کوردستانی کە لە سۆنگەی هۆی سیاسییەوە لە خوێندن دور خراونەتەوە یان دەرکراون، بۆ خوێندنگەو ئامۆژگاو کۆلیجەکانیان و نەژماردنی ماوەی دورخستنەوەو دەرکردنیان بە ساڵی دەرنەچون و ئەژمار نەکردنی ژمارەی ساڵی پێویست بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن (هەروەها دابین کردنی کۆمەکی دارایی بۆ دەستکورتەکان).

٦-وەرگرتنی خوێندکارە کوردەکانی ئەندامی بەرەی کوردستانی لە هەموو خوێندنگەو ئامۆژگاو کۆلیجە مەدەنی و عەسکەرییەکان و هەروەها لە نێردە زانستی و زەمالەتەکان و مۆڵەتەکانی خوێندن لە ناوەوەو دەرەوەی عیراق بەپێی رێساو بنەما کارپێکراوەکان بە بێ جیاوازی و هەڵاوێردن.

٧-لێبوردنی گشتی و گشتگیر بۆ بارزانییەکان دەردەچوێندرێ، ئەوانەش کە حوکمدراوو گیراوو دەستبەسەرن ئازاد دەکرێن و هەنگاوە یاساییەکان لە دژیان بە یەکجارەکی رادەگیرێن و دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی لەگوێزانەوە هاتوو و نەهاتوویاندا هەڵدەگیرێ و هەموو مافەکانیان پێ دەدرێتەوە.

٨-دانیشتوانی شارو گوندە کوردییەکان کە بۆ ناوچەی تر لە ناوەوەو دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی راگوێزراون، دەگێڕدرێنەوە بۆ شارو گوندە بەراییەکانی خۆیان بەپێی ئارەزویان و لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا کە رێککەوتنی لەسەر دەکرێ و قەرەبوکردنەوەی زیانەکانیان و کارکردن بۆ گەشەپێدانی ناوچەکانیان، ئەویش بە گەیاندنی تەواوی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە، بەپێی تواناو بەهرە سروشتی و کشتوکاڵییەکانیان، ببن بە ناوەندی پێشکەوتوو بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پەلەوەرو پیشەسازیی سوك و گەشتوگوزارو هەروەها بۆ بەهێزکردنی ئاسایش و بەرگریی نیشتمانی، شان بە شانی بەشداری کردن لە پەرەپێدان و پێشکەوتنی ئابوریی سەرتاسەری عیراق بە رەچاوکردنی کۆکردنەوەی هاوچەرخانەی ئاواییەکان و لایەنی ئەمنی و ستراتیجی.

٩-دەم و دەست پاش راگەیاندنی ئەم ڕێککەوتنە، بەرەی کوردستانی پەخشی ئێزگەکانی رادەگرێ و ئێزگەکان لە ماوەی سی رۆژ رادەستی دەوڵەت دەکرێنەوە.

١٠-کارکردن بۆ دامەزراندنی زانکۆیەك لە پارێزگای سلێمانی.

١١-تەرخانکردنی موچەی خانەنشینی بۆ کەسوکاری ئەو ئەندامانەی بەرەی کوردستانی کە لە بارودۆخی نائاسایی رابردودا شەهید بون یان لەسێدارە دراون یان بێسەرو شوێنن و کارکردن بۆ دابین کردنی موچە بۆ کەمئەندامەکانیان و دەستەبەرکردنی خانوبەرەی گونجاو بۆیان، ئەویش بەپێی یاسایەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

١٢-گێڕانەوەی ئەو پڕۆژانەی کە بە هۆی هەلومەرجی ناوچەکەوە پەکیان کەوتووە، بۆ باری ئاسایی.

١٣-دانانی پلانێکی خێرا بۆ بوژاندنەوەی ناوچەکەو بنیاتنانەوە و قەرەبوکردنەوەی زیان و دواکەوتنەکەی.

١٤-هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساو بڕیارو رێنماییە نائاساییانەی کە ئازادیی هاووڵاتییان سنوردار دەکەن و لەمپەر لە بەردەم پێشکەوتنی ناوچەکە دروست دەکەن، ئەویش پاش نەمانی ئەو بارودۆخەی کە بۆتە هۆی هاتنە ئارای ئەو یاساو بڕیارو رێنماییانە، ئەویش بە رێککەوتن لە نێوان هەردولا.

١٥-هەڵوەشاندنەوەی هەموو رێکخراوو میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە بەرەی کوردستانی لە ماوەی شەست رۆژ پاش راگەیاندنی ئەم رێککەوتنە. تاکەکانی ئەو رێکخراوو میلیشیا چەکدارانە کە بڕگەکانی ٥ و ٦ نایانگرێتەوە، لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پاسەوانی سنور جێیان دەکرێتەوە یاخود بچنە ناو هێزە چەکدارەکان. تا ئەمە جێبەجێ دەکرێ، دەوڵەت بەخێویان دەکات.

١٦-بەرەی کوردستانی لە ماوەی سی رۆژ پاش راگەیاندنی ئەم رێککەوتنە، چەکە قورس و مامناوەنجییەکان رادەستی دەوڵەت دەکاتەوە. چەکە سوکەکانیش بەپێی ئەو پلانەی کە کۆمیتەیەکی هاوبەش دایدەنێ، لە ماوەی شەست رۆژ پاش راگەیاندنی ئەم رێککەوتنە رادەست دەکرێنەوە. ئەگەر پێویستی کرد، دەکرێ ئەم ماوەیە بۆ سی رۆژی تر درێژ بکرێتەوە، جگە لەو چەکە سوکانەی کە بۆ خۆ پاراستن بە رێککەوتنی هەردولا مۆڵەت دەدرێن.

١٧-گێڕانەوەی خێزانە کوردو عەرەبەکانی ناوچەکانی ئاسایی کردنەوە بۆ گوندو شارەکانی خۆیان، جگە لە کۆچی سروشتی.

١٨-بەردانی کوردە فەیلییە عیراقییەکان و رێدان بە فەیلییە راگوێزراوەکان بۆ نیشتەجێبون لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و رێدان بە گەڕانەوەی ئەوانەی لە دەرەوەی عیراق دان لە ماوەی دوو ساڵداو نیشتەجێبون لە ناوچەکەدا بەپێی ئارەزویان.

١٩-جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە ٩٠ی ساڵی ١٩٧٥ی رێکخستنی موڵکایەتیی زەویی کشتوکاڵ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە چەشنێك کە لە بەرژەوەندیی جوتیاراندا بێت و خزمەتی ئابوریی نیشتمان بکات و بەخشینی راگوێزراوەکان لەو باجانەی کە بە هۆی راگواستن و بەکارنەهێنانی زەوییەوە لەسەریان کەڵەکە بووە.

٢٠-لەو دەڤەرانەی کە لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دان و لەگەڵ ناوچەی ئۆتۆنۆمی هاوسنورن و ژمارەیەکی بەرچاو کوردیان تێدا دەژی، بەپێی توانای بەردەست و بەپێی یاسا، کوردی ئەو ناوچانە لە فەرمانگە حکومییەکان دادەمەزرێن.

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشكۆی ژماره ۲

### هەلێكی لەبار بۆ بەرەو پێشەوە چونی جولانەوەی كورد
### (سەروتاری رۆژنامەی رێبازی نوێ)

ئەمرۆ جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی كورد لە كوردستانی عیراق بە قۆناغێكی گرنگ و ناسكدا تێدەپەڕێ كە ئومێدی بە سەركەوتن گەیشتنی بە بەدیهێنانی لانی كەمی داواكانی لێ دەكرێ.

دیارە لەم هەلومەرجەی ئەمرۆدا كە جولانەوەی گەلی كورد پشتیوانییەكی دەولیی زۆری بۆ خۆی پەیدا كردووە، بەدیهێنانی لانی كەمی داواكانی گەلی كورد لە كوردستانی عیراق هەلێكی لەباری بۆ هەلكەوتوە بەتایبەتی كە ئەمرۆ هەمو لایەنە سیاسییەكانی كورد لە چوارچێوەی بەرەیەكی یەكگرتودا كۆبونەتەوە.

یەكێتیی ریزەكانی گەل كە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەم قۆناغەدا بە بەردی بناغەی بەرەو پێشەوە چونی جولانەوەی كوردی دەزانێ و گرنگییەكی تایبەتی دەداتێ، مەرجێكی سەرەكیی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەكانی گەلی كوردە. ئەم یەكێتییە لە ڕاپەڕینی بەهاری ئەمسالدا بە جوانترین شێوە رەنگی دایەوەو ماكی ئەو سەركەوتنانە بوو كە گەل لە سەرانسەری كوردستان بەدەستی هێنان. هەر بۆ یەكەم جاریش لە مێژوی خەباتی گەلی كورددا، دو شارە دێرینەكەی كوردستان: كەركوك و خانەقین بەبێ هیچ پشتیوانی و یارمەتییەكی بیانی و تەنها بە هێزو توانا و فیداكاریی گەلی كورد رزگار كران.

یەكێتیی ریزەكانی گەل ئەگەر ماوەیەك لەمەوبەر گرنگییەكی زۆری هەبوبێ، ئێستا گرنگییەكی زۆرتری هەیە چونكە بە پاراستنی، مەرجێكی سەرەكیی بردنی مەسەلەی كورد بەرەو سەركەوتن دابین دەبێ.

بەرەی كوردستانی یەكێكە لە دەستكەوتە گرنگەكانی چەند سالی ئەم دواییە. سەقامگیر كردنی بەرەی كوردستانی ئەركێكی نیشتمانی و مێژوییە. ئێمە وای بۆ دەچین كە پاراستنی گیانی یەكگرتن و هاریكاری لە نێوان لایەنەكانی بەرەی كوردستانی كارێكی پیرۆز و گرنگە و هەر رێككەوتنێك كە دەشێ بەرەی كوردستانی لەگەل هەر لایەنێكدا بیكا، دەبێ بەتێكڕای دەنگ ئەنجام بدرێ.

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان هەولی چارەكردنی مەسەلەی كورد بە ڕێگایەكی ئاشتییانە پەسند دەكا و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ كە دەبێ هەر رێككەوتنێك لانی كەمی خواستە سیاسییەكانی جولانەوەی كورد بسەلمێنێ. لە هەموی گرنگتر، هاریكاریی نێوان لایەنەكانی بەرەی كوردستانییە بۆ پەسندكردنی ئەو رێككەوتنە. دیارە ئەمەش یەكێتیی ریزەكانی گەل دەپارێزێ و گەلەكەمان لە دەردەسەری و مەینەتی دور دەخاتەوە.

سەرچاوە: رێبازی نوێ (۱۹۹۱/۹/۲۱)

## شەماڵ بەهجەت سەعید كابان



پێشمەرگەی دێرینو كادیری تەكنیكی. لەدایكبوی سالی ۱۹٥٦ی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو كردووە. دەرچوی سالی ۱۹۷۸ی بەشی میكانیكی ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانییە.

ساڵی ١٩٧٤ بە خاو و خێزانەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بە هۆی زیادبونی فشاری شەڕ لەسەر هاووڵاتییانی سیڤیل، بە خێزانەوە وەك ئاوارە لە شاری مەریوانی کوردستانی ئێران گیرسایەوە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوە کردو لە ڕێگەی یەکێتیی خوێندکارانەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٤ کە جەمال عەلی باپیر فەرماندەی بوو، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٨١ بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ گوێزرایەوەو لەوێ وەك کادیری تەکنیکیی ڕاگەیاندن لە چاپخانەی کۆمەڵە کاری کرد. لە شوباتی ١٩٨٣دا، لە ڕەوتی پرۆسەی بڵاوە پێ کردنی بارەگاکانی ناوچەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا بەهۆی هەلومەرجی شەڕی عیراق- ئێرانەوە، بەشدار بوو لەگواستنەوەی کەلوپەلی چاپخانەی کۆمەڵە لە ناوزەنگەوە بۆ سەرشیو و باوزێی ناوچەی پشدەر. هەر ئەو ساڵە، دوای زیادبونی ئەگەری پەلهاوێشتنی شەڕی عیراق- ئێران بۆ سەرشیو و باوزێ، بەشدار بوو لەگواستنەوەی چاپخانە بۆ دۆڵی جافەتی.

ساڵی ١٩٨٤ لە سایەی ئاگربڕو وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، بڕیار درا چاپخانەی کۆمەڵە بخرێتەوە گەڕ و لەم چوارچێوەیەدا بارەگای چاپخانە لە شارۆچکەی سورداش دانرا. لەم قۆناغەدا چاپخانە تەنها دوو کادیری تەکنیکیی هەبوو کە سیامەند مامیر شاسواری‌و شەماڵ بەهجەت کابان بونو کاروباری تەکنیکیی چاپخانەکە لە تایپ کردن و دیزاینەوە تا لەبەرگرتنەوە بە ئامێری رۆنیۆ هەموی لە ئەستۆی ئەم دوو کادیرەدا بوو.

پایزی هەمان ساڵ، لەگەڵ گواستنەوەی چاپخانەی کۆمەڵە بۆ گوندی کانی تووی بناری چیای ئاسۆس لە ناوچەی مەرگە، لە کانی توو گیرسایەوەو بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی خۆی وەك کادیرێکی تەکنیکی. پاش دامەزراندنی دەزگای ناوەندی رۆشنبیریی کۆمەڵە، ماوەیەك لەوێ کاری کردو لە ساڵی ١٩٨٥دا گواسترایەوە بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونو تا ئەنفالەکان هەر لەو تیپە بوو. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە شاری سەقز گیرسایەوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بریندار بووە. جاری یەکەم لە ئابی ١٩٧٩ لەگوندی یاخسەمەر لە دۆڵی جافەتی‌و جاری دووەم لە شوباتی ساڵی ١٩٨٨، لە کاتی بەرپەرچدانی شاڵاوی ئەنفالی یەك، لە بۆردومانی کیمیایی گوندی گوێزیلەی دۆڵی جافەتی.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕیندا، لەگەڵ هێزێك بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا دابەزی بۆ قۆڵی قەڵادزێ‌و لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری کەرکوکدا، وەك پێشمەرگە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کرد.

ساڵی ١٩٩٢ بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەر لەو ساڵەدا بە ئەفسەرو بە پلەی رائید لەبەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانی وەك جێگری لێپرسراوی حەرەکات دامەزرا و بۆ ماوەی چەند ساڵێك لێپرسراوەتیی پاراستنی ئاسایشی ڕێکخراوی فاوی شاری سلێمانیی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد.

# شەماڵ تۆفیق نەجیم



کادیری ڕێکخستن‌و پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە شێخ شەماڵ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی گەزنە لە قەزای چۆمان. تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندویەتی.

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی پاشتر، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، ژیانی پێشمەرگایەتیی لە ناوچەی باڵەکایەتی دەست پێ کردووە. ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا کردو لەگەڵ هێزێکی گەورەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چووە سەر سنوری عیراق- تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە نیاز وا بوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە سەری نەگرت و هێزەکە توشی دژوارییەکی زۆر هات.

پاش گەڕانەوەی لە هەکاری، زۆربەی دێهاتەکانی باڵەکایەتی ڕاگوێزرا بون. هەر لەو ماوەیەشدا نەخۆش کەوت و ناچار بوو واز لە پێشمەرگایەتی بێنێ. پاش چەند مانگێك پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ڕاپەڕینەوە کرد کە حەسەن کوێستانی لەگەڵاڵە لێپرساوەتیی دەکرد. لەو ماوەیەدا چەند لێپرساوەتییەکی لەڕێکخستنەکاندا پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٧٩ بۆ جاری دووەم لە سنوری هەرێمی ٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و ساڵی دواتر وەك کادیر ئەرکی ڕێکخستنی لە ناوچەکانی سۆران و برادۆست و مێرگەسورو باڵەکایەتی گرتە ئەستۆو سەرپەرشتیی هێڵێکی ڕێکخستنی هەولێری کۆمیتەی ڕاپەڕینیشی کرد.

ساڵی ١٩٨٠ بە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندز هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٨٤ بەشدار بوو لەخولی کادیرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەگوندی کانی توی ناوچەی مەرگە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی کۆڕەك و دۆڵی خانەقا و گەلاڵەو دۆڵی جافەتی‌و سنوری مەڵبەندی ٣و ئۆپەراسیۆنەکانی داستانی ڕزگاری‌و گرتنی ڕەواندز لە ساڵی ١٩٨٧.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، ماوەیەك لە سنوری پیرانشەهر لە ئێران گیرسایەوەو دواتر لە بناری چیای قەندیل هەندێ لێپرسراوەتیی گرتە ئەستۆ.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا بەشداریی لە ڕزگارکردنی ناوچەکاندا کردو دواتریش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی کەرکوکدا. لەو ماوەیەدا ئەرکی جێگری فەرماندەی تیپی پێ سپێردراو دواتر کرایە فەرماندەی تیپ لە هێزی ١٢ی سۆران. لە تشرینی یەکەمدا لێپرسراوەتیی بەتالیۆنی ٧٤ی حەسار- ڕۆستی لە هێزی ١٢ی سۆران گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٩٢ ئەرکی جێگری هێزی ٣٢ی زۆزکی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٤ لە هەریر ئەرکی ئەفسەری هەواڵگریی لیوای ٣٢ی گرتە ئەستۆ. دواتر ئەرکی موقەددەم لیوای پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٥ کرایە ئەندامی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەو لێپرساوەتیی بەشی ڕێکخستنی لەفەرماندەیی ڕانیە پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٩٧ چوو بۆ دەرەوەی وڵات و لە هۆڵاند گیرسایەوە. لەوێ سەرباری کارکردنی لە بواری

ڕێکخستندا، ڕۆڵێکی کارای لە بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کورد لە کۆتایی سالآنی هەشتای سەدەی بیستەم گێڕا، بەتایبەتی کە خۆی و هاوسەرەکەی لە بەرکەوتەکانی چەکی کیمیایین لە دۆڵی بالیسان.

ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆڵی نوێنەری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵات گێڕاوە. ساڵی ٢٠٠٥ ئەرکی کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵاتی پێ سپێردراوە. ساڵی ٢٠٠٧ دوای نەمانی مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە، سەرپەرشتیی کۆمیتەکانی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵاتی کردووە. ساڵی ٢٠١١ کراوەتە جێگری لێپرسراوی ناوەندی ڕێکخستنی دەرەوە.

## شەمام شەوقی



دیپلۆماتکارو هەڵسوڕاوی بواری مافی ژنان. ناوی تەواوی پەریخان مەحمود شەوقی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی سلێمانی. هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٧٨ بەکالۆریۆسی ئابوریی لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو لە سالآنی ١٩٧٣-١٩٧٤ بۆتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ئامادەیی کچانی سلێمانیی یەکێتیی قوتابیان.

ساڵی ١٩٧٦ هاوسەرگیریی لەگەڵ جەبار حاجی ڕەشیددا کردووەو ئەم هاوسەرگیرییە بەرەو جیهانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی برد چونکە هاوسەرەکەی ماوەیەك لێپرسراوی کەرتی شەهید زۆراب بوو و لە ساڵی ١٩٨٥ بەدواوە ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی سلێمانیو لە ساڵی ١٩٨٧ بەدواوە، لە پاڵ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی سلێمانی، ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی کەرکوکیشی گرتە ئەستۆ. لەم سۆنگەیەوە شەمام لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لەزۆربەی چالاکییەکانی ڕێکخراوی سلێمانیداو ئاگاداری هەموو نهێنییەکانی ڕێکخستن بوو.

پاش گیرانی جەباری مێردی لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٠، خۆی شاردۆتەوەو دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس زۆر بەدوایدا گەڕاون و زۆر جار خوشك و براکانیان بۆ لێکۆڵینەوە ڕاپێچ کردوە بۆ بارەگاکانیان. تا ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بۆ ماوەی ساڵێك لەگەڵ هەر سێ منداڵەکەیو خوشکێکی بە نهێنی لە شاری سلێمانی خۆی حەشار داوە.

پاش ڕاپەڕین، یەکەم ژن بوو کە بووە ئەندامی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانیو لە ساڵی ١٩٩٢یش بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەر ئەو ساڵە بووەتە بەرپرسی کۆمیتەی ٣ی ژنانی سەر بە مەڵبەندی یەكو دواتریش بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

لەو ماوەیەدا چالاکییەکی زۆری بۆ پەرەپێدانی جموجوڵی بزوتنەوەی ژنان ئەنجام داو لە پەرلەمانی کوردستاندا بەرپرسیارێتیی فایلی هەموارکردنی یاساکانی باری کەسێتیی گرتە ئەستۆ. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٥دا زنجیرەیەك سیمینارو کۆڕو کۆبونەوەی لە سلێمانی بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان ڕێك خست بۆ سازکردنی زەمینەیەکی لەبارو

یارمەتیدەر بۆ چاکسازیی کاروباری باری کەسێتیی ژنانو بەرپەرچدانەوەی ڕەوتە نەریتپارێزەکان کە دژی یەکسانیی ژن و پیاون.

ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنانی دامەزراند. لەم سەنتەرە پەرەی بە بزوتنەوەی فیمینیستی داو لێپرساوەتیی خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی «ژیانەوە»ی گرتە ئەستۆ کە یەکەم ڕۆژنامەی تایبەت بە بزوتنەوەی ژنانە لە هەرێمی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٨ چۆتە هۆلاندو لەوێ نیشتەجێ بووە. لە ماوەی نێوان ١٩٩٩-٢٠٠٣ کارگێڕی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی بووەو لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆرسێکی لە پەیمانگای ڕاژەی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی هۆلاند خوێندووە.

ساڵی دواتر بە ڕاوێژکار لە باڵیۆزخانەی عیراق لە هۆلاند دامەزراوەو لەم سەروبەندەدا لە لاهای لێپرساوەتیی فایلی دادگا نێونەتەوەییەکانی پێ سپێردراوە. ساڵی ٢٠٠٦ بەشداریی لە دوو کۆرسدا کردووە، یەکێکیان بۆ ماوەی سێ مانگ لە بریتانیا کە ڕێکخراوی «دژ بە چەکی کیمیایی» ڕێکی خستووە، ئەوی تر کە کۆرسێکی دیپلۆماسی بووە، پەیمانگای کلین کندال بۆ ماوەی دوو مانگ ڕێکی خستووە.

ساڵی ٢٠٠٦ گەڕایەوە بۆ عیراق و لە بەغدا لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق خزمەتی کرد. ساڵی ٢٠١٠ بووە یاریدەدەری فەرمانگەی مافی مرۆڤ لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق و لە زۆربەی کۆنگرەو خول و کۆبونەوەکانی نیویۆرك و ژنێف و قاهیرە بەشداریی کردووە. ساڵی ٢٠١٢ ئەندامی لیژنەی باڵای گەشەپێدانی ژنان بوو لە بەغدا. ساڵی ٢٠١٣ لە باڵیۆزخانەی عیراق لە بەیروت کرایە وەزیری ڕاسپێردراو.

## شەمامک (شەڕ)

شەڕێکە لە ناوچەی شەمامك لە دەشتی هەولێر لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦دا لە سێ قۆڵەوە هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکە.

لە١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦ هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە سێ قۆڵەوە هێرشی کردە سەر ناوچەی شەمامك. لە قۆڵی یەکەمدا هێزەکە بە دوو ئاراستە هێرشی کرد، ئاراستەی یەکەم لە هەولێرەوە بەرەو گوندەکانی خەزنەو تەرجان و سیراواو سیاوو ئاراستەی دووەم لەگوندی ماستاوەوە بەرەو گوندی سیاو. سەعات ٩ هێزەکانی عیراق لەگوندی سیاو کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەی کەرتەکانی ٣و ٥ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و کەرتی ٣ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو هەرێمی ٨ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

لە قۆڵی دووەمدا هێزەکانی عیراق لە شارۆچکەی گوێڕەوە بەرەو گوندی عەلی مەلا داوودو عەوێنەو شێخ شەروان بەرێ کەوتن. سەعات ١٠,٣٠ لەگوندی شێخ شەروان کەرتەکانی ١و٢و٤ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و هەرێمی ٧ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە هێزەکانی عیراق هاتنە دەست و بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە.

لە قۆڵی سێیەمدا بەشێکی تری هێزەکانی عیراق لە هەولێرەوە ڕویان کردە گوندەکانی گردعازەبان و عەلیاواو هێلەوەو لەم قۆڵەدا هێزەکە کەوتە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق.

شەڕ لە هەر سێ قۆڵ دامەزرا. دوو فڕۆکەی پیلاتۆزو ٧ هەلیکۆپتەر بە درێژایی شەڕەکە سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بۆردومان دەکرد. شەڕ لە سەعات ٩وە تا سەعات ١٨ درێژەی کێشا. لە قۆڵی دووەمدا کە قۆڵی شێخ شەروانە، هێزی پێشمەرگە

لە سەعات ١٦دا دەستی بە هێرشی چەواشە کردو تا نزیك گوندی عەوێنە هێزەکەی دوژمنی راو نا. لە قۆڵی یەکەمیش کە قۆڵی گوندی سیاوە، هێزی پێشمەرگە پاش شکانی هێزەکانی عیراق لە قۆڵی یەکەم، دەستی بە هێرشی چەواشە کردو تا نزیك گوندی سیراوا هێزەکەی دوژمنی راو نا. لە قۆڵی سێیەمیش شەڕ تا سەعات ١٨ بەردەوام بوو.

لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق زیاتر لە٧٠ سەربازیان لێ کوژراوە، لەوانە لاشەی ٢٩ سەرباز لە مەیدانی شەڕ بەجێ ماوە. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر دوو پارچە چەك و بڕێکی زۆر تەقەمەنیو کەلوپەل و ٦ ئۆتومبیلدا گرت. هەروەها ٩ ئۆتومبیلی جۆراوجۆریش تێك شکێنران یان گڕیان تێ بەر بوو.

لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە یەك شەهیدی بە ناوی یاسین ئەحمەد مەولود شێخ شەروانی هەبوو کە پێشمەرگەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بوو.

## شەمامەر (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لە ناوچەی شەمامك لە دەشتی هەولێر لە١ی ئایاری ساڵی ١٩٨٥ کە هەردوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ پێکەوە ئەنجامیان داوە. پاش کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە، بڕیار درا هەر تیپێك شەست پێشمەرگە ئامادە بکاو بۆسەیەك لەگوندی شەمامەر بۆ هێزێکی سوپای عیراق دابندرێ. بە پێی نەخشەکە، گوندی شەمامەر بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە دەستنیشان کرا چونکە گوندەکە تەعریب کرابوو، لەو کاتەشدا هەر گوندێك چالاکیی پێشمەرگەی تێدا ئەنجام بدرایە، هێزەکانی عیراق وێرانیان دەکرد.

بەڵام بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە دەبوایە گوندی شەمامەر کۆنترۆڵ بکرێ، بۆیە مەفرەزەکانی هەردوو تیپ کە لەگردی سەعداوا کۆ ببونەوە، رویان لەگوندی شەمامەر کرد، بە ئاسانی کۆنترۆڵیان کردو لە شوێنێکی گونجاوی نزیك گوندەکەدا بۆسەیان دانا.

هێزەکەی سوپای عیراق کە بەپێی زانیارییەکان دەبوایە پاش نیوەڕۆ لەگوندی هەوێرەوە بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، بە بەردەم گوندی شەمامەردا تێدەپەڕی. هەر کە هێزەکەی سوپا، کە هێزێکی سەد سەربازی پیادە بوو، کەوتە ناو بۆسەکەوە، پێشمەرگەکان ئاگربارانیان کردو لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێك زیانێکی گەورەیان پێ گەیاند کەبریتی بوو لە کوژرانی زیاتر لە ٥٠ سەرباز، بەدیل گیرانی ١٥ سەرباز و سوتانی هەر چوار ئیڤاکە. لەم چالاکییەدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٥٥ کلاشنکۆف و ٣ ئار بی جیدا گرت، یەك برینداریشی هەبوو.

نەخشەی چالاکییەکە بە هەماهەنگی لە نێوان فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود و فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود ناسراو بە ڕێباز دانرابوو بەڵام شەڕەکە بە فەرماندەیی غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود بەڕێوە چوو.

دوای ئەنجامدانی چالاکییەکە، مەفرەزەکان لەگردی سەعداوا یەکیان گرتەوەو لەوێوە چونە گوندی عەوێنەو پاشان رویان کردە گوندەکانی شێخ شەروان و سیاوو هێلەوە. لەگوندی هێلەوە پێنج هەلیکۆپتەری جەنگی چونە سەر پێشمەرگەکانو شەڕ دامەزراو تا خۆرئاوابون درێژەی کێشا. هەر ئەو شەوە، مەفرەزەکان لە جادەی هەولێر- کەرکوك پەڕینەوەو گەیشتنە گوندی گردەسۆر. لەوێ هێزێکی مەڵبەندی ٣ چاوەڕێی دەکردن.

ئەم چالاکییە وای کرد هێزەکانی عیراق گەڕان بەدوای سەربازی راکردوودا کەم بکەنەوەو بە ترسەوە

ئەم ئۆپەراسیۆنانە بەڕێوە بەرن.

## شەوکەت حاجی موشیر*



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی شەوکەت موشیر محەمەد مەحمودە، بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر بنەماڵەی یارەویس کە یەکێکە لە بنەماڵە دیارەکانی سەر بە خێڵی جاف. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی تەپی سەفای ناوچەی شارەزوور. ساڵی ١٩٥٦ پاش ئەوەی کە خوێندنی ئایینی لە مزگەوت تەواو کرد، نێردرایە خوێندنگەی حکومی. قۆناغی سەرەتایی لە سیروان تەواو کرد. قۆناغی ناوەندی و پۆلی چواری ئامادەیی لە هەڵەبجە تەواو کرد. ساڵێکیش لە خانەقین خوێندی و دواتریش لە سلێمانی گیرسایەوە. ساڵی ١٩٦٨ وازی لە خوێندن هێناو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٩دا کرا بە جێگری لێپرسراوی بەتالیۆنی پێباز کە بارەگاکەی لەگوندی بانی خێڵانی لای دەربەندیخان بوو. پاش تێکەڵبوونەوەی هەردوو باڵی پارتی، لە سنوری هێزی خەبات و چەند مانگێك لە بارەگای بەتالیۆنی ٧ی بیارە مایەوە. دواتر وازی هێناو گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی و ژیانی هاوسەرگیریی پێکهێناو خەریکی کاسبی بوو. لەو ماوەیەدا لە بیروباوەڕدا زۆرتر بەلای ناسیۆنالیزمی توندڕەودا دایشکاندو بە




هۆی ئەمەوە پەیوەندیی بە ڕێکخراوی کاژیکەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٤ کاتێك شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق دەستی پێکردەوە، هەلومەرجی شەڕ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکەی ناچار کرد لە ئێران ژیانی ئاوارەیی بەسەر بەرن، بۆیە ئەویش بە خزم و کەسوکارەوە لەگوندی هانە گەڕمەڵەی ئێران گیرسایەوەو هەر ئەو ساڵە وازی لە کاژیك هێنا و پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا گەڕایەوە بۆ عیراق.

ساڵی ١٩٧٦ دەزگا ئەمنییەکان بەگومانی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەدا دوو جار دەستگیریان کرد. پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆرو دوای ئەوەی کە هیچی لەسەر ساغ نەبۆوە، ئازاد کرا. لە ٢٧ی حوزەیراندا خۆی و شەش هاوڕێی بە بڕیاری کۆمەڵە،

یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی چەکداریان لە ناوچەکە دروست کردو دەستیان بە خەباتی چەکدار کردەوە. یەکەم شەڕی ئەم مەفرەزەیە لەگەڵ سوپای عیراقدا، لەگوندی قایینجەی شارەزوور بوو لە ٦ی تشرینی یەکەمدا کە تێیدا پێشمەرگە فاتیح حەیدەر عارف شەهید بوو. لە ساڵی ١٩٧٧دا بەشداریی لە زۆر چالاکیی پارتیزانیدا لە دژی هێزەکانی عیراق لە ناوچەکانی شارەزوور، هەورامان، شارباژێڕ، قەرەداغ، گەرمیان، پێنجوێن و شلێردا کرد.

بەهاری ساڵی ١٩٧٩ بە هۆی هەندێ کێشەوە وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا و پەیوەندیی بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد کە تازە لە یەکێتی جیا ببۆوە. لە مانگی ئابدا لە کۆبوونەوەی فراوانی کادیرەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیست بە سەرکردایەتیی ڕەسول مامەندو لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتیی دکتۆر مەحمود عوسمان، کە ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی لێ کەوتەوە، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. بەڵام پاش مانگێك لە هەڵبژاردنی بە ئەندامی سەرکردایەتی، وازی لەو حزبە هێناو گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتی.

ساڵی ١٩٨٠ کرا بە فەرماندەی هەرێمی ٩ی بەمۆ کە سنوری خانەقینی دەگرتەوەو لەم سەروبەندەدا بەرنامەیەکی چڕی بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆسەی بەعەرەب کردنی ناوچەکە پیادە کرد. لە کۆتایی هەمان ساڵ گوێزرایەوە بۆ شارەزوورو لە سنوری هەرێمی ١ی هەوراماندا خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٨٢، کە هەرێمەکان هەڵوەشێنرانەوە و کار بە سیستمی تیپەکان کرا، ئەو کرایە یەکەم فەرماندەی تیپی ١١ی هەورامان و ماوەی ساڵ و نیوێك لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٩٨٣ بۆ سنوری هەولێر گوێزرایەوەو کرایە لێپرساوی عەسکەریی مەڵبەندی چوار و نزیکەی ساڵ و نیوێك لەوێ خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٨٣، لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە لەگوندی خەتێ لە خۆشناوەتی بەسترا، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. بەڵام لە کۆنفرەنسی دووەمی ساڵی داهاتوودا هەڵنەبژێردرایەوە.

ساڵی ١٩٨٤ کرا بە لێپرساوی عەسکەریی مەڵبەندی دوو کە بارەگاکەی لەگوندی سەرگەڵوو بوو. ساڵی ١٩٨٥ لە پلینۆمی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا لەگوندی هەڵەدن کە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سەرکردایەتی بەسترا، دیسان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦دا کرایە لێپرساوی مەڵبەندی یەک کە بارەگاکەی لە ناوچەی قەرەداغ بوو.

ساڵی ١٩٨٧ کرایە لێپرساوی پەیوەندیی سوپایی نێوان ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ساڵی دواتر ڕابەرایەتیی ئەو ئۆپەراسیۆنەی کرد کە بووە مایەی گرتنی شاری هەڵەبجە.

ساڵی ١٩٨٩ لە پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا لە ناوزەنگ، بۆ سێیەم جار بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. بەڵام پاش سێ مانگ کوردستانی بەجێ هێشت و بە خۆی و خێزانەوە لە بریتانیا گیرسایەوە. پاش ساڵێك دوای ئەوەی کە لەسەقامگیربوونی خێزانەکەی دڵنیا بوو، گەڕایەوە بۆ کوردستان و لەو ماوەیەدا سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بوو لە قاسمەڕەش و زەڵێ و چیوەڕۆ.

پاش سەرهەڵدانی قەیرانی کوێت و دانانی بەرنامەی ڕاپەڕینی شارەکان، لە لیژنەی سەرکردایەتی کردنی ئۆپەراسیۆنی گرتنی شاری کەرکوك دانرا. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا، بەشداریی لەگرتنی بەشێکی شاری سلێمانیدا کرد و دواتر سەرپەرشتیی شەڕەکانی بانی مەقان و قەرەهەنجیری کرد. لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شاری کەرکوکدا، ڕابەرایەتیی قۆڵی

سەرخاسەو یاروەلیی کردو لە ناو شاریش سەرپەرشتیی بەشێکی شەڕەکانی کرد.

لە کاتی وتوویژی نێوان بەرەی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، کرا بەلێپرسراوی مەڵبەندی ٤ی بادینان و لەو ماوەیەدا هاوکاریی دانیشتوانی سلیڤانیی کرد بۆ نەهێشتنی ئاسەواری بەعەرەبکردن لە ناوچەکەیان. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١، گوێزرایەوە بۆ هەولێرو کرایە فەرماندەی لەشکری هەولێر.

ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردراو لە ناو ئەنجومەندا کرایە لێپرسراوی لیژنەی ناوخۆو لە ساڵی دواتردا بوو بەلێپرسراوی ئۆفیسی سلێمانیی پەرلەمان. لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا بەشداریی شەڕەکانی کۆیەو خۆشناوەتی و هەڵەبج ەو هەورامانی کرد. ساڵی ١٩٩٦ کرایە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزەکانی یەکێتی و سەرپەرشتیاری هێزەکانی سنوری سلێمانی و کەرکوك.

پاش ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦و چوونی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سوپای عیراق بۆ ناو هەولێرو کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر سنور، سەرپەرشتیی قۆڵی پێنجوێن- سەیرانبەندی کرد. لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی شەڕەکانی ناوچەی شلێری کردو سەرکەوتنی گەورەی تێدا بەدەست هێنا. لە کاتی هەڵکشانی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك، سەرپەرشتیی قۆڵەکانی پێنجوێن و ناڵپاریزو سەیدسادق و هەڵەبجەی کرد. ساڵی ١٩٩٧ کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٩ی شارەزوور.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، دواتر کرایە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەرکی بەڕێوەبردنی مەکتەبی کۆمەڵایەتیی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٣ هەوڵێکی زۆری دا چەکدارەکانی گرووپی جوندولئیسلام بباتە سەر ئەو باوەڕەی کە واز لە توندوتیژی بهێنن و تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسی بن و لەم هەوڵەیدا لە ٧ی شوبات کۆبوونەوەیەکی لەگوندی گامێش تەپەی شارەزوور لەگەڵیاندا ساز کرد، بەڵام ئەو چەکدارانە لە کاتی گفتوگۆدا خۆی و دوو یاوەرەکەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللەو هەر سێکیان شەهید کرد. لەو ماڵەش کە ئەم تاوانەی تێدا ئەنجام درا، ٤ هاووڵاتی شەهیدو ٤ی تریش بریندار بوون.

بەرهەمە چاپکراوەکانی: «کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە بەهاری ١٩٨٨» (١٩٩٨)، «چیوەڕۆ: دەروازەیەك بەرەو کەرکوك» (٢٠٠٣).

## شەهاب ئەحمەد داوود ڕەشید*



پێشمەرگەو کادیری تەکنیکی. ناسراو بە خەسرەو. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ی بەغدا. قۆناغی سەرەتایی لە خوێندنگەی ڕاهیباتی کلدان، ناوەندیی لە ناوەندیی قادسیەو ئامادەیی لە دوا ناوەندیی ریسالە لە بەغدا تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ کاتێك شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق دەستی پێکردەوە، لەگەڵ پۆلێك خوێندکاردا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ بەغدا. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو وەك لە ناو کۆمەڵەدا باو بوو، خرایە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانەوە. ساڵی ١٩٧٨ دەزگای ئاسایشی بەغدا بەو گومانەی کە پەیوەندیی بە ڕێکخراوێکی نهێنییەوە هەیە، دەستگیری کردو پاش ئەوەی کە هیچی نەدرکاند، دوای پێنج مانگ ئازاد کرا. ساڵی ١٩٧٩ بووە ئەندامی کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٨١ پەیمانگای باڵای تەندروستیی لە شاری حیللە تەواو کردو پاش ئەمە بەساڵێك پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای ڕاگەیاندنی ناوەندی لە توژەڵە گیرسایەوە. لەوێ وەك کادیرێکی ڕاگەیاندن لە بواری تەکنیکی چاپەمەنی کاری کرد.

لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٥دا لە نزیك شاری سلێمانی کەوتە بۆسەیەکی دەزگا ئەمنییەکانەوەو شەهید کرا.

## شەهاب شێخ نوری شێخ ساڵح*




یەکێ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٢ی شاری سلێمانی. باوکی، شێخ نوری شێخ سالح، یەکێ لە شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردە. ئەمەش لە منداڵییەوە دەرگای چونە ناو دنیای وێژەو ڕۆشنبیریی بۆ کردەوە. سەرەتای تێکەڵبونی بەکاری سیاسی بۆ نیوەی یەکەمی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کاتێك خوێندکار بوو لە بەغدا لە کۆلیجی مەلیك فەیسەل. بە وردی نەزانراوە کەی پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە بەڵام دەشێ لە ساڵی ١٩٥٢ یان ١٩٥٣ پەیوەندیی بە پارتییەوە کردبێ.

لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا زۆرتر پشتگیریی ئەوەی کردووە کە پارتی سیاسەتی خۆی بە پێی جیهانبینیی مارکسیستی دابڕێژێ و هەماهەنگیی تەواوی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا هەبێت. بۆیە، لە ساڵی ١٩٦٠دا پشتیوانیی لە هەوڵەکانی باڵی هەمزە عەبدوڵلا کرد کە دەیویست ڕەنگی مارکسیستییانەی پارتی تۆختر بکرێو لە سیاسەتی پەیڕەوکراوی پارتی کۆمۆنیستی عیراق نزیك ببێتەوە. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ باڵی هەمزە عەبدوڵلا لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیا بۆوەو پەیوەندیی بە ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد.

ساڵی ١٩٦٣ پاش کودەتای حزبی بەعس و ناسیونالیستە ناسرییەکان و ڕاونانی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، چووە دەرەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عیراق و لە چەمی ڕێزان پەیوەندیی بە هێزی ڕزگارییەوە کرد کە لەو کاتەدا تاڵەبانی فەرماندەی بوو. لەوێ لێپرسراوەتیی ئیدارەی هێزەکەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٦٤ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، گەڕایەوە بۆ سلێمانیو چۆوە سەر کارەکەی خۆی وەك کارمەندی حکومی. هەر ئەو ساڵە بۆ بەسرە دورخرایەوەو لەوێ وەك کارمەند لە سایلۆی شارەکە کاری کرد. لەو ماوەیەدا وەك هەڵسوڕاوێکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، لە پارێزگای بەسرە کەوتە کارکردن.

مێژوی وازهێنانی لە پارتی کۆمۆنیست ڕون نیە بەڵام زۆرتر دەشێ لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا





وازی هێنابێ. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دامەزراند و زۆرتر بەلای ئەندێشە شۆڕشگێڕییەکانی ماوتسی تۆنگ و ئەزمونی چیندا دایشکاند. لەم ڕووەوە ڕەوتێکی فیکریی لەسەر بنەمای ماویزم دامەزراند. لە ماوەی نێوان ١٩٦٨ - ١٩٦٩ کتێبخانەیەکی لە بەغدا بە ناوی کتێبخانەی بیری نوێ داناو ئەرکی بەڕێوەبردنی بە دارۆی برای سپارد. ئامانجی کتێبخانەکە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ماویزم و بانگەشەکردن بوو بۆ ئەزمونی شۆڕشگێڕانەی چین. ساڵی ١٩٧٠ کۆت و بەندی دورخراوەیی لەسەر سوک کرایەوەو بۆ بەغدا گواسترایەوە. هەر ئەو ساڵە پشتگیریی پرۆژەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕی نهێنیی کرد و لەگەڵ تاڵەبانی و ژمارەیەك کادیری دیکەدا بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی - لینینیی کوردستان کە دواتر ناوەکەی بوو بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی ڕکابەری پارتی دیموکراتی کوردستان، تاڵەبانی دەرفەتی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخراوە تازە دامەزراوەکەی بۆ نەرەخسا. لەم سۆنگەیەوە شەهاب شێخ نوری لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەو ئەرکی بڕیاردەری گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیەدا توانی تەونێکی ڕێکخراوەیی بەهێز دروست بکاو ژمارەیەکی زۆر کادیری سیاسیی بەتوانای لە ناو ریزەکانی لاوەکان بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە پەروەردە بکا.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ چوو بۆ لوبنان و لەوێ پەیوەندیی بە تاڵەبانییەوە کردو پەیوەستی بە هێزی لەگەڵ ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە فەلەستینییەکاندا دروست کرد.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٤، لە سەروبەندی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو ڕژێمی بەعس، گەڕایەوە بۆ کوردستان و فەرمانی بۆ ئەندام و کادیرەکانی دەرکرد کە بەشداری لە شۆڕشدا بکەن و وای بۆ چوو کە قۆناغی رزگاریی نیشتمانی پێویستی بە پتەوکردنی خەباتی چەکدارو یەکڕیزیی نیشتمانییە. لەم رووەوە خۆیشی بەشداریی لە شۆڕشدا کردو بۆ رایی کردنی کاروباری ڕێکخستنی ناو شارەکان، کۆمیتەیەکی بە ناوی ئەستێرەی سور دامەزراند و لێپرسراوەتییەکەی بە ئەندامی سەرکردایەتی جەعفەر عەبدولواحید سپارد. ساڵی ١٩٧٥، لە سەروبەندی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عیراق و ئێراندا، لەو بڕوایەدا بوو کە کورد بەبێ پشتگیریی شای ئێران دەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر شۆڕش و لەم بوارەدا هەوڵیدا درێژە بە خەباتی چەکداری بدرێ، بەڵام هەوڵەکەی هیچی لێ سەوز نەبوو.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی



و بـەردەوام بـوو لـەسـەر بەهێزکردنی ڕێکخستنی ڕێکخراوەکەی. لـەو مـاوەیـەدا پەیوەندیی لەگەڵ تاڵەبانی دامەزراند کە لەو کاتەدا لە سوریا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دامەزراند بوو و نەخشەی بۆ هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکدار هەبوو. لەم سەروبەندەدا پشتگیری ئەوەی کرد کە کۆمەڵە ببێ بە باڵێکی ناو یەکێتی.

لـە نـیـوەی دووەمـی ساڵی ١٩٧٥دا بـە هۆی ئاشکرابونی بەشێکی زۆری شانە نهێنییەکانی کۆمەڵەوە، دەزگا ئەمنییەکانی بەعس شاڵاوێکی فراوانی گرتن و ڕاوەدونانی ئەندامانی کۆمەڵەیان دەست پێکرد. ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە پاش ماوەیەك خۆشاردنەوە، بڕیاریاندا ڕێوشوێنێك بۆ گەیشتن بەدەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە سوریا بدۆزنەوەو لەم ڕووەوە لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە ڕوو بکەنە ئێران و لـەوێـوە پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی سوریاوە بکەن لە تاران بۆ مشورخواردنی مەسەلەی چونیان بۆ سوریا. سەرەڕای سەختیی شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکانی عیراق بۆ سەر ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە، بڕیاری هانا بردنی سەرکردایەتی بۆ ئێران تا ئێستا کۆدەنگی لەسەر دروستیی نیە. بەپێی ئەو بڕیارە، هەر پێنج ئەندامی سەرکردایەتی لەسنور پەڕینەوەو چوونە ئێران. لەوێ گیران و بەو تۆمەتەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی چوونەتە ناو خاکی ئێران، بۆ ماوەی سێ مانگ پاش دادگایی کردن، لە سەقز زیندانی کران. پاش تەواو بوونی ئەم ماوەیە، بەپێی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ڕادەستی ڕژێمی عیراق کرانەوە. دواتر برانە بەغداو خرانە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەی قورس.

لـە زیـنـدانـدا پـاش ئـەوەی لـەگـەڵ گیراوەکانی تر یەکی گرتەوە، لە ڕوانگەی لێپرسراوەتییەوە، کۆبوونەوەی پێ کردن و داوای لێ کردن قسەکانیان یەك بخەن تا بە کەمترین زیان لە قەیرانەکە دەرچن و لەم ڕووەوە ڕێنمایی پێویستی پێ دان.

هاوینی ساڵی ١٩٧٦ دادگای سەورە فەرمانی لەسێدارەدانی ئـەوو جەعفەر عەبدولواحیدو ئەنوەر زۆرابی داو فەرمانی زیندانی کردنی بۆ ئەندامەکانی تر دەرکرد. لە ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ فەرمانەکە لە زیندانی ئەبوغرێب جێبەجێ کرا. بە لەسێدارەدانی، ئەو و دوو هاوڕێکەی تری بونە سمبولی شۆڕشی نوێ.

لە٢٠ی ئایاری ٢٠١٣دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە هەولێر، بڕیاریدا ڕۆژی لە سێدارەدانی ئەوو جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب بکرێتە ڕۆژی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لـە٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٣ ئەنجومەنی ناوەند لە دانیشتنی چل و هەشتەمینی خولی دووەمیدا، ڕێسای ژمارە ٤ی لەم بارەیەوە دەرکرد و تێیدا بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پەسند کرد.

ساڵی ٢٠١٢ ناوەندی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان کتێبێکی دیکۆمێنتاری لەسەر شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب بە ناونیشانی «کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو راپەڕین» دەرکرد کە گەواهی و لێدوانی ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکارو هاوەڵانی هەر سێ شەهیدی تێدا کۆکراوەتەوە لەوانە مستەفا ساڵح کەریم، ئاسۆ شێخ نوری، ئەحمەد کرێکار، فوئاد قەرەداغی، عومەر عەزۆ محەمەد عەلی، جیهاد دڵپاك، تاهیر گۆمەشینی، عەبدوڵڵا رابەر، سەعدون یەدوڵڵا شەفی، ئەشرەف شەرەف نوروڵڵا تاڵەبانی، رەوا جەعفەر عەبدولواحید، نازەنین عوسمان حەسەن، محەمەد سابیر کەریم، ئاوات شێخ جەناب. کتێبەکە لە دوتوێی ٥٦٢ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا، سەرچاوەیەکی بەبڕشتە بۆ هەر توێژینەوەیەکی شیکاری.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

*سێ جیهان (تیۆری).

## پاشکۆی ژمارە ١

## وتارێکی تاڵەبانی دەربارەی شەهاب شێخ نوری (١٩٩٢)

١-ساڵی ١٩٤٨ شەهید شەهابم ناسی. ئەو ساڵە شەهید شەهاب خوێندکاری کولیەی مەلیك فەیسەڵ بوو لە بەغداو منیش لە پۆلی یەکی ناوەندیی کۆیە بووم. کولیەکەی شەهید دوای راپەڕینەکەی کانونی دووەمی ١٩٤٨ بەسترا بوو. خاڵی شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیرو کوردپەروەر دۆستی باوکم بوو، بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەقیش بوو. بۆیە شەهید شەهابی ناردبووە کۆیە بۆ ماڵی ئێمە بۆ ساڵ تەواو کردن. هەر بۆیەش لەگەڵیدا ئاشنا بوم و بوینە برادەر. هەردوکیشمان ئەندامی پارتی بوین. بۆیە پێکەوە زۆر تەبا بوین. لەوساوە من و شەهید شەهاب بوین بە دوو هەڤاڵ و برادەر، تەنانەت کە هەندێك جار ڕێبازی سیاسیشمان لێك دادەبڕا، ئێمە هەر دۆست و هەڤاڵ دەماینەوە.

لە دەستپێك و سەرەتای برایەتییەکەمانەوە، شەهید شەهابم چوو بوو بە دڵداو لاوێکی خوێن گەرم، بەوەج و بەگەڕو تەوژم، ژیرو بەدەموپل بوو.

٢-دوای کودەتا شومەکەی شوباتی ١٩٦٣، کاك شەهابیش لەو لاوە دڵسۆزانە بوو کە روویان کردە ناوچەی شۆڕش. شەهید ناوچەی چەمی ڕێزانی هەڵبژارد سەبارەت بەوەی کە دەیزانی بارەگای سەرکردایەتیی هێزی رزگاریی لێیە کە بەندە فەرمانداری بووم.

لە دوای لێك دابڕانێکی چەند ساڵە، بە دیداری یەکتر شادو شکور بوینەوەو کاك شەهاب بۆ هەر کارێکمان دادەنا سەرکەوتووانە ئەنجامی دەدا، هەر لە ڕێبەری سیاسییەوە تا لێپرسراوی ئیداری و تا پێشمەرگایەتیی ناو سەنگەرەکانی شۆڕش. لەو ماوەیەدا زۆر پێکەوە دەدواین و زۆر باشتر لە یەکتر دەگەیشتین. ئیتر بە تەواوی بووینە برای گیانی بەگیانی و هاوسەنگەرو هاوڕێی خەباتی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانەو لە بیرو بۆچون و هەڵوێستە سیاسییەکاندا بە تەواوی لێك نزیك و هاوبیر بوین.

لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا پێکەوە هاوڕێباز بوین. لە کۆتایی شەستەکانیش زۆر لێك نزیك و هاوکار بوین، پێکەوەش هاتینە سەر بیری دامەزراندنی کتێبخانەی «بیری نوێ» کە کاك دارۆ شێخ نوریی برای شەهیدمان کرد بەخاوەنی.

کاتێك خۆی و چەند هەڤاڵێکی هاتبونە سەر بیروباوەڕی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەتی مارکسیست لینینیست، هاتە لام و پرسی پێ کردم و

پێکەوە بناغەی کۆمەڵەمان دارشت.

٣-شەهید شەهاب لە دارشتنی بناغەی کۆمەڵەدا زۆر چالاك بوو. ژیرانە بەرەنگاری گیروگرفتەکان دەبۆوە، لە هەموو هاورێیانی ناوەوە کامڵترو ژیرتر بوو، لە جورئەت و ئازایەتی و ئیقدام کردندا کەم وێنە بوو. بۆیە دوای دوو ساڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵە، پێشنیارم بۆ هاورێیان کرد بیکەنە سکرتێری کۆمەڵە. ساڵی ١٩٧٢ لە بەیروت بوو. نامەیەکم بۆی نارد تا سەردانێکم بکات. نیازم ئاڵوگۆری بیروراو شێوەی تاوتوێ کردنی شێوازی نوێی کارکردن بوو.

نامیلکەیەکم بۆ نوسی بون، دەمویست لەگەڵی باس بکەم و بیرو بۆچونەکانی ئەویشی لەسەر وەرگرم. چەند مانگێك لە بەیروت و دیمەشق پێکەوە بوین. جارێکیان کاك شەهاب بوو بە مایەی رزگاربونم لە مردن یان ئەسیر کران. ئەویش بەمجۆرەی خوارەوە بوو:

من لە شوقەیەکی بەرەی رزگاریی گەلی فەلەستین دەژیام کە لەسەر جادەی فردان بوو، هی دکتۆر وەدیع حەداد بوو. وا دەرکەوت ئیسرائیلییەکان دەمێك بوو بە تەمای پەلاماردانی کۆلان و شوقەکانی جادەکە بون. شەوی هێرشەکە، هەر چی لە شوقەکاندا بون، کوژران یان گیران. من ئەو شەوە بە راسپاردەی کاك شەهاب نەگەرامەوە، نازانم هۆکەی چی بوو، بەڵام تەلەفۆنێکم بە ناوی ئەوەوە بۆ هات، بووە هۆی نەگەرانەوەم بۆ شوقەکەم. واتە بە هۆی ئەمەوە رزگارم بوو لە مردن یان هیچ نەبێ لە ئەسیر کران.

٤-کاتێك کاك شەهاب و هەڤاڵەکانی لە ئێران گیران، زۆر بە داخەوە من درەنگ پێم زانی، ئەگینا رەنگە بمانتوانیبا دەربازیان بکەین. بەڵام کاتێك برانەوە بۆ بەغدا، پێمانزانی و دوای هەڵوێستی قارەمانانەیان هەڵمەتێکی جیهانیمان بۆیان کردو لەم رووەوە دەیان هەزار ئیمزاو بروسکەیان بۆ کۆ کرایەوەو لە دنیادا شەهید شەهاب کرایە «زیندانیی ساڵ». هەوڵێکی زۆری بۆ درا بەڵام سەددامی خوێنرێژی دڵرەشی داخ لەدڵ بە هیچ جۆرێك گوێی نەدایە هاوارو بانگەوازی ئازادیخوازانی دنیاو بێشەرمانە بە نازەنین خانی هاوسەری راگەیاند کە هەر دەیکوژێت. بەمجۆرە، کاك شەهاب شەهید کراو بوو بە سەرقافڵەی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆرشە نوێکەمان. بەڵام نە خوێنە گەشەکەی خۆی و شەهیدی نەمر جەعفەر عەبدولواحیدی جوانەمەرگ و شەهید ئەنوەر زۆراب بەفیرۆ رۆیشت و نە خەبات و رەنجیان. وا داری ئازادی و رزگاری و مافی چارەی خۆنوسین لە کوردستان بەو خوێنانەو خوێنی دەیان هەزار شەهیدی نەمر هاتۆتە بەر.

دە با شەهاب سەر بنێتەوە، لە بەهەشتی نەمریدا بە ئاسودەیی سەر بنێتەوە. رێبازەکەی و یەکێتییەکەی پارێزراون و کاروانەکەشی هەر بە رێگەوەیە. وا هاکا لە لوتکەی رێگا سەرکەوت و بە ئاوات گەیشت.

سەرچاوەی: کوردستانی نوێ (١٩٩٢/١١/٢٢).

### پاشکۆی ژمارە ٢

### یادی شەهاب و جەعفەرو ئەنوەر لە دڵ و دەرونی تێکۆشەران هەمیشە زیندووە
### (وتار)
### نوسینی: جەلال تاڵەبانی

یادی تێکۆشەرانی نەبەزو دلێری وەك کاکە شەهاب شێخ نوری و هاورێکانی، کاکەکان جەعفەر عەبدولواحیدو ئەنوەر زۆراب، هەمیشە لە دڵ و

دەرونی تێکۆشەرانی ڕێبازە ڕاست و ڕەواکەی «کەم ژیان و کەڵ ژیان» زیندووەو دەگەشێتەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئەو ڕۆڵە دلێرەی گەلەکەمانی کردە سەرمەشقی خەباتەکەی و بە کردەوە سەلماندی سەرکردەو ڕۆڵە ژیرەکانی لە پێشەوەی گیانبازین و خۆیشی وەك هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێ لە ریزی هەرە پێشەوەی کوردایەتیی پێشکەوتنخواز بووە بۆ ئامانجەکانی رزگاری و دیموکراسی و مافی چارەی خۆنوسین.

کاکە شەهاب جگە لە پێشڕەوییەکەی و ڕۆڵە دیارو لێهاتووەکەی لە خەباتی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)، بۆ بەندەی موخلیسیش، برا و دۆستێکی گیانی بەگیانی بوو. دۆستایەتیشمان هەم دۆستایەتییەکی کۆمەڵایەتی هەم دۆستایەتییەکی سیاسی و زادەی ڕێبازی لێك نزیکیی فیکری و شۆڕشگێڕی بوو. جگە لە هاوڕێیەتیی سەردەمی پاشایەتی لە بەغدا لە قۆناغی لاوی و خوێندکاری، لە شۆڕشی ئەیلولیش جارێکی تر پێکەوە شاد و شکور بوینەوەو کاکە شەهاب کادیری هەمەکار و بەدەستوبردی هەموو ئەرکێك بوو کە پێی دەسپێردرا.

کۆتایی شەستەکانیش جارێکی تر گفتوگۆی فیکریمان لەسەر ڕێبازی ڕاست و دروستی خەباتی کوردایەتی و بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازو دیموکراتی خەڵکی کوردستانمان پەرە پێ داو ئەو گفتوگۆیانەی هەردوکمان و هی هەڤاڵانی تریش بوونە هەوێنی دروستبونی کۆمەڵە.

ئەوێ ڕۆژێ کاك شەهاب و هاوڕێکانی هاتبونە سەر بیروڕای دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مارکسی- لینینی و لەم رووەوە پرسیان بە هەڤاڵی خۆشیان کرد. بەمجۆرە، بناغەی کۆمەڵە داڕێژرا. ئیتر ئەوە بوو شەهید شەهاب خۆی بۆ ئەم ئەرکی دامەزراندنە تەرخان کرد. کۆڵنەدەرانە کاری لەسەر کردو لە هەموو وێستگەیەکی ئەو تێکۆشانەدا بەتەگبیرو جورئەت و ئازایەتیی خۆیەوە، بەرەنگاری ئەرکەکانی سەر شانی خەباتی پێشکەوتنخوازی دەبۆوە. بۆیە، بەندە پێشنیازم بۆ هەڤالان کرد کە بیکەنە سکرتێری کۆمەڵەو هەر واشیان کرد.

ماوەی چەند مانگێکیش لە بەیروت و دیمەشق میوانم بوو تا پێکەوە بیرو بۆچونی وردتر لەسەر شێوازی نوێی خەبات تاوتوێ بکەین.

بە داخەوە وەختێك لە ئێرانی سەردەمی شا لەگەڵ هەڤالانی تری دەستگیر کرا، من درەنگ ئاگادار بوم. وەختێکیش پێم زانی، شێوازێکی نوێی خەباتمان بۆ ئازادکردنی بەرپا کرد کە شتێکی نوێ بوو لە هەڵمەتی سیاسی و خەباتی شۆڕشگێڕانەدا. ئەوە بوو ئەو ساڵە خاڵە شەهاب بە «زیندانیی ساڵ» لە جیهان دەستنیشان کرا.

بەڵام ڕژێمی ڕەفتار فاشیستی بەغدا، بەبێ گوێدانە ئەو هەموو بانگەوازە نێودەوڵەتییەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیخوازانی دنیا، لەسێدارەی دان و خۆی و هەڤاڵەکانی بونە سەرمەشق و سێکوچکە بۆ کۆمەڵەو بۆ کاروانە دورو درێژەکەی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

کاکە شەهابی نەمرو کاکەکان، شەهیدان جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوە زۆراب، خەڵاتی سوری ڕێی تێکۆشانی یەکێتی و شۆڕشی نوێ بون. سەرەنجام، ئەو خەباتە بەری گرت و کوردستانی رزگارو فیدرال لەچوارچێوەی عیراقی دیموکرات و فیدرال بووە واقیعێکی بەرجەستەو گەشەکردوو کە سەرەڕای گرفت و گێچەڵی لابەلای ناحەزان ئەم ئەزمونە نوێیەی کوردستان و عیراق هەروا بەردەوام و بەردەوامیش دەبێت تا شەمەندۆفێری رزگاری دەگاتە

دوا مەنزڵی خۆی.

جا هەڤاڵان لەم بۆنە سەرفرازییەی یەکێتییەکەتان و مێژوی خەباتی رەوای گەلەکەمانو خەباتی گەلی عیراقیش، جێی خۆیەتی تەئکید لە ماناو پەیامە بەرزو درەوشاوەکەی فیداکاریی شەهاب و هاورێکانی و هەموو شەهیدانی کەم ژیان و کەڵ ژیان بکەینەوە، بەتایبەتی لەم هەلومەرجەدا کە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بۆ ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەربەستییە گشتییەکان دەستیان داوەتە خەباتی هەمەلایەنەی جەماهیری و پەرلەمانی و میدیایی. گەلی کوردستانیش لە سەرتاسەری وڵاتە دێرینەکەی خۆی هاتۆتە کۆڕی نەبەردی راست و دروستی ئاشتیخوازانە و گفتوگۆو پێ سەلماندن کە زمانی ئەم سەردەمەیە بۆ لەناوبردنی ستەم و دەرچون لە قومقومی سەرکوت کردن.


شەهید شەهاب و شەهیدانی رزگاریی کوردستان، سەرقافڵەی ئەو کاروانە بون لە سەردەمێکدا کە دیکتاتۆری باڵی رەشی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشا بوو و رژێمەکەی بەعسیش بە بای باڵی غرور دەیگوت «دارخورما لەسەریان بڕوێ، پێشمەرگەیان پێ ناچێتە شاخ». ئەوە بوو بە هەوڵ و نەبەزینی رۆڵە دلێرە شەهاب ئاساکان کردمان و بڵێسەی شۆڕشی رزگاریشمان لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان هەڵکرد. وەك کوردەواری دەڵێن «گورگمان دی و نەشترساین».

نەمری بۆ شەهیدان شەهاب و جەعفەرو ئەنوەرو هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان و رێی ئازادیی گەلان لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسین و پێکەوە ژیان و ئاشتی و دیموکراسی.

کەسوکاری شەهیدان و گەلەکەشمان هەر شاد و سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٢/١١/٢١).

## شەهریار ساڵح موفتی*



پێشمەرگە و فەرماندەی کەرت. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی شاری کۆیە. لە هەرزەکاریدا یاریزانێکی هەڵکەوتووی بالەو تۆپی پێ و جۆدۆو کاراتێ و مەلەوانی بوو. دەنگخۆشیش بوو، گۆرانیی گۆرانیبێژە رەسەنەکانی دەوتەوە.

ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و کرایە فەرماندەی مەفرەزەی پارێزەری تۆپخانەی شۆڕش. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە بۆ کۆیە و هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. دواتر وازی لە کۆمەڵە هێناو پەیوەندیی بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو کرایە لێپرساوی شانەی چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی ناو شاری کۆیە.

ساڵی ١٩٧٧ بوو بە پێشمەرگەو پاش دوو ساڵ کرایە فەرماندەی کەرت. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی زۆر شەڕی کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی قەیوان- ماوەت، دابان- هەلاج، قورەبەرازەو شەڕەکانی گەروی مەنجەڵ، چیای ساتر، سماقوڵی، کەلکە سماق، قەندیل و ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنی دێگەڵەو لێدانی دام و دەزگا نەوتییەکانی کەرکوك و جەوەڵبۆرو چەمەبۆرو رەبایەکانی کۆیەو خەلەکان و کانی وەتمان و هی تر. حەوت جار بریندار بووە.

لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ لە کاتێکدا کە فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٩٩ی بیتوێن، لەگەڵ شەش پێشمەرگە لە ئاستی گوندی

کانی وەتمان کۆنترۆڵی ڕێگەی گشتیی سلێمانی-ڕانیەیان کرد و لە کاروانێکی گەورەی سەربازیان دا. لەو شەڕە دەستەویەخەیەدا فیشەك بەر سەری کەوت و لە هۆش چوو. هاوڕێکانی وایانزانی شەهید بووە، لە ژێر پۆلە قامیش و بێشەی ئەو ناوە شاردییانەوە. بەڵام جاشەکانی ڕەبایەکەی سەر گوندی باقلان بە دووربین شاردنەوەی لاشەکەیان بینی و هێزەکانی سوپای عیراقیان لێ ئاگادار کردەوە. لەو شوێنەی بەجێ هێڵدرابوو، بە بێهۆشی دۆزرایەوەو برایە نەخۆشخانەی سەربازیی ڕانیە. پاشان لەوێوە برایە کەرکوك و لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ گوللەباران کرا. تەرمەکە خرایە ناو هەلیکۆپتەرو لە ئاسمانی چوارقوڕنەوە فڕێ درایە خوارێ.

پێش شەهیدبوونی بڕیار درابوو بکرێتە فەرماندەی تیپ. یاریدەدەری پزیشکیی نەخۆشخانەی ڕانیە، بەختیار حاجی ڕەفیق، کە شەهریاری دەناسی، دەگێڕێتەوە: «کە بینیم، هەردوو دەستی لەدواوە کەلەپچە کرابوو، لەسەر قەرەوێڵەیەك دانرابوو، فیشەك چاوێکی کوێر کردبوو. تیمارم کردو هەندێ قسەم بۆ کرد، وەڵامی نەدامەوە. دواتر پێی وتم داوایەکم هەیە. وتم: ناتوانم ڕزگارت بکەم. وتی منیش ئەمەت لێ داوا ناکەم، دوو کاغەز لەگیرفانم دان، دەریان بهێنەو بیانفەوتێنە. منیش کاغەزەکانم دەرهێنا. یەکێکیان ناوی ٢٣ ئەندامی ڕێکخستنی ناو شاری تێدا بوو، ئەوی تر نامەیەك بوو زانیاریی لەسەر هەندێ خۆفرۆش تێدا بوو. هەردوو کاغەزەکەم قوتدا».

## شێخ جیریی سەروو (شەڕ)

شەڕێکی دەستەویەخەیە لە ناو گوندی شێخ جیریی سەروو لە ناوچەی قەرەهەنجیر لە ١٦ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق بە فەرماندەیی جەنراڵ بارق عەبدوڵڵا حنتە.

گوندەکە لە سنوری پشتێنەی ئەمنیدا بوو. ڕژێمی بەعس وای دانابوو هەر گوندێکی دەروبەری کەرکوك لە سنوری پشتێنەی ئەمنیدا بێ، دەبێ بڕوخێنرێ. بەم پێیە، هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق کە پێکهاتبوو لە زرێپۆش و هێزی کۆماندۆ بە پاڵپشتی پێنج هەلیکۆپتەری جەنگی بەرەو گوندەکە بەڕێ کەوت. گوندەکە لە بنەڕەتدا چۆڵ کرابوو. هێزەکانی سوپا دەیانویست بیڕوخێنن تاکو پێشمەرگە وەك بنکەو بۆ حەوانەوە سودی لێ وەرنەگرێ. بۆیە، کاتێك هێزەکانی سوپا شۆفڵەکانیان پێش خست و ڕوویان لەگوندەکە کرد، وایاندەزانی کەسی لێ نییە. لەو کاتەدا ٢٢ پێشمەرگەی کەرتی ٤ی جەباری بە فەرماندەیی سەمەد گلی لە ناو گوندەکەدا بوون و خۆیان بۆ بەرەنگاریی هێرشەکە ئامادە کردبوو. لەگەڵ نزیکبوونەوەی شۆفڵەکان و سەربازەکان، پێشمەرگەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللەو شەڕ دامەزرا.

لە کاتی شەڕەکەدا پێشمەرگەکان دەستیان بەسەر هۆکی تۆکییەکدا گرت کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جەنراڵ بارق عەبدوڵڵا حنتەدا هەبوو، بە هۆی ئەم دەزگایەوە ئاگاداری هەموو ئەو فەرمانانە بوون کە فەرماندەی هێرشەکە بۆ سەربازەکانی دەردەکرد.

بەر لەوەی گوندەکە تۆپ باران بکرێ، پێشمەرگەکان بە هۆی دەزگای بێ تەلەوە ئاگاداری تۆپبارانەکە بوون، بۆیە خێرا لەگوندەکە چوونە دەرێ و پاش وەستانی تۆپبارانەکەو دەستپێکردنی هێرشی دوژمن، گەڕانەوە بۆ ناو گوند. شەڕ زۆری خایاند، بەڵام بەرلەوەی هێزەکانی سوپا بکشێنەوە، هێزێکی زۆری پێشمەرگەی کەرتەکانی ترو مەفرەزەیەکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هێزی پشتگیری بۆ پشتیوانیی پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی جەباری، بە هانایانەوە چوون.

لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق سەد سەرباز زیاتریان لێ کوژرا کە هەموویان لە هێزی کۆماندۆ بوون. لە هێزی پێشمەرگە دوو شەهید بە ناوی مەجید بایز ناسراو بە مەجید کۆمەڵەو شۆڕش ڕەشید هەبوو. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە ٥ ئار بی جی و ٧ کلاشینکۆف و ٢ قەناس و یەک دەمانچە و یەک دەزگای بێسیم بوو. هێزەکانی عیراق زرێپۆش و شۆفلێکیان لەگوندەکە بە تێکشکاوی بەجێ هێشت.

## شێردڵ حەوێزی



پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوو و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی شێردڵ عەبدوڵلا تەها حەوێزی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٦ لە کۆلیجی سەربازی لە بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی سوپایی بەدەست هێناوە. تا ساڵی ١٩٧٤ چەند خولێکی تۆپخانە و بەرگریی ئاسمانیی بینیوە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە بزوتنەوەی کوردەوە کرد و لە کەرتی گەڵاڵە کرایە فەرماندەی چەکی دژە ئاسمانی. لە ناوچەکانی باڵەك، ڕەواندز، دۆڵە ڕەقە و دۆڵی شەهیدانیش ئەفسەری ڕەسەدی تۆپخانە بوو، سەرباری ئەوەی کە فەرماندەیی مەفرەزەی موشەکی ستریلای دژە فڕۆکەی جەنگیی کردووە.

دوای نسکۆی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سوپای عیراق و هەندێ ئەرکی لۆجستیی لە وەزارەتی بەرگری پێ سپێردرا. بەڵام مانەوەی لە ناو سوپا زۆری نەخایاند، چونکە لە کاری عەسکەری دور خرایەوە و کاری مەدەنیی پێ سپێردرا. دواتریش بۆ شاری عیمارەی پارێزگای میسانی باشوری عیراق دور خرایەوە.

ساڵی ١٩٨٥ گەڕایەوە بۆ کوردستان و هەر ئەو ساڵە لە دەشتی کۆیە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد و کرایە ئەندامی دەزگای پێشمەرگایەتی و لە هەمان کاتدا لێپرسراوەتیی تۆپخانە و کاتیۆشای گرتە ئەستۆ.

لەو ماوەیەدا، سەرباری کارەکانی، ئەرکی هەڵگرتنەوەی مینی لە دۆڵی جافایەتی لە ئەستۆ گرت و چەند خولێکیشی لەم بارەیەوە کردەوە.

ساڵی ١٩٨٦، سەرەڕای کارە عەسکەرییەکانی، کاری سیاسیشی گرتە ئەستۆ و لە ساڵی ١٩٨٦دا بەشدار بوو لە دوو چالاکیی دپلۆماتیك، لە یەکێکیاندا لە چوارچێوەی شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەشدار بوو لە دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاران بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی هەردولا لە دژی ڕژێمی عیراق لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی هاوکاریی هاوبەشدا، لەوی تردا بەشدار بوو لە دانوستانی نێوان شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی و شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ئیدریس بارزانی بۆ ئاشتبونەوە و یەکخستنەوەی

تواناکان لە دژی رژێمی عیراق. هەردوو دانوستان کە لە تاران بەڕێوە چون، دوو ڕێککەوتننامەیان لێ کەوتەوە، یەکێك لەگەڵ ئێران و ئەوی تر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان.

ساڵی ١٩٨٨ دوا بە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و گواستنەوەی بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، بەشدار بوو لە جێبەجێکردنی پلانی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەدا و کرایە ئەندامی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە لە قاسمە رەش و زەڵێ. لەو ماوەیەدا، لە چوارچێوەی پلانی ڕێکخستنەوە و پەرەپێدانی هێزی پێشمەرگەدا، سەرپەرشتیی چەند خولێکی کرد کە بە هاوکاریی سوپای پاسداران، لە ئێران، بۆ هێزی پێشمەرگە ڕێك خران. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩دا بەشدار بوو لە گۆڕینی سیستمی تیپەکان بۆ سیستمی بەتالیۆنەکان و کردنەوەی چەند خولێك بۆ هێزی پێشمەرگە، لەوانە خولی هەواڵگری لە قاسمە رەش.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، بەپێی پلانی دانراو، کرایە لێپرسراوی قۆڵی بیتوێن و هەیبەت سوڵتان و ئەرکەکانی بە کارایی لەو قۆڵە بە ئەنجام گەیاند. ساڵی ١٩٩٢ کرایە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان و دواتر کرایە کارگێڕی مەکتەبی عەسکەری.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم، رۆڵێکی کارای، وەك ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری وەزارەتی پێشمەرگە، لە ڕێکخستنی کاروباری وەزارەتەکەدا گێڕا و لەم ڕووەوە هاوکارێکی بەتوانای وەزیری پێشمەرگە جەبار فەرمان بوو.

لە ساڵی ١٩٩٦ دا دوا بە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لێپرسراوەتیی کۆمیتەی هەماهەنگیی لەگەڵ تورکیا گرتە ئەستۆ و بەشداریی لە زۆربەی وتوویژ و شاندەکانی نێوان هەردولادا کرد، چ لە تورکیا چ لە کوردستان.

لە کۆتایی هەمان ساڵدا، لێپرسراوەتیی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە ئێران گرتە ئەستۆ کە لەو کاتەدا لە شاری کرماشان بوو. هەر ئەو ساڵە، ئۆفیسی سەرەکیی پەیوەندییەکانی گواستەوە بۆ تاران و ئەوەی کرماشانیشی وەك ئۆفیسێکی لاوەکی هێشتەوە.

ساڵی ٢٠٠٠ لێپرسراوەتیی وەزیری کاروباری پێشمەرگەی لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە وەك ئەندامی شاندی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشدار بوو لە کۆبونەوەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە واشنتۆن. ساڵی ٢٠٠٣ لە جەنگی رزگارکردنی عیراقدا کە بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بەڕێوە چوو، فەرماندەیی قۆڵی تەقتەق و کەرکوکی گرتە ئەستۆ و لەم ڕووە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو کەرکوك هەبوو.

ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان کە لیستی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بە ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠٠٩ لەسەر داوای تاڵەبانی کە ئەوسا

سەرۆکی کۆماری عیراق بوو، پەیوەندیی بە وەزارەتی بەرگریی عیراقەوە کرد و لەوێ کرایە لێپرسراوی گشتیی هەماهەنگی و ئاسایش و تا ساڵی ٢٠١٢ لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو.

بابەتی پەیوەندیدار:

*تاران (ڕێککەوتننامە).

*ڕێککەوتنی هاوکاریی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

*قاسمە ڕەش (خولی هەواڵگری).

## شێرزاد ڕەنجەڕۆ



پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی شێرزاد محەمەد ئەمین سەعید. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر. لە قوتابخانەی مەولەوی قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٧٠ لە خوێندنگەی شەوانەی هەولێر خوێندویەتی.

ساڵی ١٩٧٦ لە ڕێگەی جەمیل ڕەنجبەرەوە پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٨٠ بوو بە پێشمەرگە لە کەرتی ٥ی هەرێمی ٧ی باڵەك. ساڵی ١٩٨٢ بووە لێپرسراوی پۆل لەکەرتی ڕێکخستنی چۆمان. ساڵی ١٩٨٥ بوو بەلێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی ٧٤ی باڵەك. ساڵی ١٩٩٠، بووە کادیر لە بەتالیۆنی ٤.

ساڵی ١٩٩٣ بووە ئەندامی کۆمیتەی باڵای ڕێکخستنی پێشمەرگە لە هەولێر. ساڵی ١٩٩٥ بووە ڕابەری سیاسیی لەشکری ١٨ی بەڕانەتی. ساڵی ١٩٩٨ بووە ئەندام لە مەڵبەندی پێشمەرگە و بۆ ساڵی پاشتر بووە کارگێڕی مەڵبەند. ساڵی ٢٠٠٢ بەشدار بوو لە شەشەم خولی تایبەتی فەرماندەیی لە قەڵاچوالان. ساڵی ٢٠٠٩ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە. دوا پلەی سەربازیی، لیوایە.

## شێرزاد شێخانی



پێشمەرگەی دێرین و ڕۆژنامەنوس. ناوی تەواوی شێرزاد ڕەمەزان شەریف شێخانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی شاری هەولێر. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر گوندی کۆزەپانکەی ناوچەی کەندیناوەی دەشتی هەولێر. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە.

لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا چۆتە ناو جیهانی ڕۆژنامەوانی و نوسین، کاتێك لە ساڵی ١٩٦٩ دا لەگەڵ گۆڤارێکی عیراقیدا بە ناوی «ئەلموتەفەریج» کە لە بەغدا دەردەچوو، کاری ڕۆژنامەوانیی کردووە.

ساڵی ١٩٧٢ چووە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو لە ساڵی ١٩٧٤ دا، لەسەروبەندی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە بەتالیۆنی یەکی هێزی کاوە لە قەڵادزێ بۆتە پێشمەرگە.

دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، چووە ئێران و لە ئۆردوگای قوڵتێ گیرسایەوە. هەرچەند دواتر گەڕایەوە بۆ عیراق، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە دادی نەدا و لە ئاوارەبون ڕزگاری نەکرد، چونکە ئەو پاش

تەواوبونی ماوەی لێبوردنی گشتی گەڕابۆوە، بۆیە دەم و دەست بۆ شاری دیوانیەی باشوری عیراق دور خرایەوە. لەویٚ دوو ساڵی بە دورخراوەیی بەسەر برد. ساڵی ١٩٧٧ ڕێی پیٚ درا بگەڕێتەوە بۆ هەولێرو لەویٚ لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵ دامەزرا.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دروست کرد بەڵام ئەو پەیوەندییە نەگەیشتە رادەی بوونی بە ئەندام لە ڕێکخستنەکان.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە لە قەڵادزێوە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستەوە کرد و لە گوندی کاولان لەسەر سنوری عیراق- ئێران گیرسایەوە. کاولان بارەگای سەرکردایەتی و دەزگای ڕاگەیاندنی حزبی لیٚ بوو. لەویٚ کرایە بەڕێوەبەری ئێزگەی «دەنگی شۆڕشی کوردستان» ی حزبی سۆسیالیست، هەروەها وەك بێژەرو نوسەر لە بەشی عەرەبیی ئێزگەکە کاری کرد. هەر لەو ماوەیەشدا لە پاڵ بەرپرسیارێتیی وەك بەڕێوەبەری ئێزگە، کرایە سکرتێری گۆڤاری «دەنگی پێشمەرگە».

ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو گەڕایەوە بۆ هەولێر. ساڵی ١٩٩١ پاش ڕاپەڕین، پەیوەندیی بە حزبەوە کردەوەو لە دەزگای ڕاگەیاندن لە ڕۆژنامەی «ڕێگای ئازادی» ی ئۆرگانی ناوەندیی حزب کاری کرد. ساڵی ١٩٩٢ بووە جێگری سەرنوسەری ڕۆژنامەکە. هەر ئەو ساڵە پشتگیریی پرۆژەی یەکگرتنەوەی حزبی سۆسیالیست و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان و پاسۆکی کردو لەم سەروبەندەدا بەشداریی لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەدا کرد. پاش ئەوەی باڵی رەسول مامەند بایکۆتی کۆنگرەی یەکگرتنی کرد، ئەو لەگەڵ باڵەکەی تری حزبی سۆسیالیست مایەوە و دەنگی بە یەکگرتنی هەر سیٚ حزب دا. پاش کۆنگرەو ڕاگەیاندنی حزبی یەکگرتن، بووە سکرتێری کۆپیی عەرەبیی ڕۆژنامەی «یەکگرتن».

پاش هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن و یەکگرتنەوەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، وازی لە کاری حزبی هێناو لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد چەلەبی کاری ڕۆژنامەوانیی کردو بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕۆژنامەی «موئتەمەر». ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ ڕۆژنامەی «ویفاق» کاری کرد کە سیاسەتمەداری عیراقی سەلاح عومەر عەلی لە لەندەن دەری دەکرد.

ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ گەڕانەوەی عادل موراد بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەویش لەگەڵی پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانییەوە کردو لە مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن بووە سکرتێری عادل موراد کە بووە لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن. لەو ماوەیەدا بووە سکرتێری نوسینی ڕۆژنامەی «ئیتتیحادی نێودەوڵەتی» کە لە دەرەوە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو و گوزارشتی لە راو بۆچونەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرد.

پاش ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، هەولێری بەجیٚ هێشت و لە سلێمانی گیرسایەوەو وەك ئەندامی دەستەی نوسەران کاری لە ڕۆژنامەی «ئیتتیحاد»دا کرد.

ساڵی ٢٠٠٠ ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی بە زمانی عەرەبی بە ناوی «رەئی عام» لە سلێمانی دەرکردو دوای دەرکردنی ٦ ژمارە لەو ڕۆژنامەیە، هەلێکی بۆ رەخساو لە سلێمانی بووە پەیامنێری ڕۆژنامەی نێودەوڵەتیی عەرەبی زوبانی «شەرقی ئەوسەت» کە لە لەندەن دەردەچیٚ.

ساڵی ٢٠٠١ پاش ئەوەی دکتۆر بەرهەم ساڵح لێپرسراوەتیی سەرۆکایەتیی ئیدارەی سلێمانیی

حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتە ئەستۆ، بووە جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی حکومەت. ساڵی ٢٠٠٣ بووە بەڕێوەبەری ئۆفیسی رۆژنامەی «شەرقی ئەوسەت» لە عیراق و تا ساڵی ٢٠١٤ لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو. ساڵی ٢٠١٥ سایتێکی عەرەبیی بە ناوی «سارا پرێس» لە سلێمانی بەڕێوە برد.

## شێرزاد عەبدولحافیز شەریف



کادیری رێکخستن و جێگری فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوك. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك. بە هۆی دۆخی نالەباری شاری کەرکوکەوە، خێزانەکەی لە چەمچەماڵ جێگیر بووەو هەر لەوێ قۆناغی سەرەتایی خوێندن و پاشان لە سلێمانی قۆناغی ناوەندیی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٩ دا لە ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانی وەرگیراوە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٢ دەست پێ دەکا، کاتێك پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ چەمچەماڵ.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو وەك کادیرێکی چالاکی رێکخستن کاری کرد بە رادەیەك کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا بووە بەرپرسی کەرتی رێکخستنی شەهاب شێخ نوری لە چەمچەماڵ. لە ئەیلولی ئەو ساڵەدا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد.

ساڵی ١٩٨٠ وەك کادیری رێکخستن لە ناوچەی شوانی کێشك لە سنوری هەرێمی ٢ ی کەرکوك کاری کرد. ساڵی ١٩٨١ وازی لە کاروباری رێکخراوەیی هێنا، لێپرساوەتیی عەسکەریی وەرگرت و بووە فەرماندەی مەفرەزە لە بناری چیای تۆکمە لە ناوچەی سورداش. ساڵی ١٩٨٢ کرایە فەرماندەی کەرتی ٣ ی چەمچەماڵ لە سنوری هەرێمی ٢ ی کەرکوك. پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپەکان، بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی خۆی لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد کە تێیدا بەرەیەکی هاوبەش لە نێوان هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەرپەرچدانەوەی پێشڕەویی سوپای پاسدارانی ئێران، هاتە ئاراوە. لەو ئۆپەراسیۆنەدا هەندێ ئەرکی لە سنوری ناوچەی بۆکان پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٣ بووە جێگری فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوك. لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٨٦ دا لە شەڕێکدا لە دۆڵی ئاکۆیان بە سەختی بریندار بوو و بە پەلەپروزێ گەیەنرایە ئێران. لە شاری ورمێ لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا نەشتەرگەریی بۆ کراو قاچێکی بڕایەوە، دوو مانگ و نیو دوای سارێژبونی زامەکانی، قاچی دەستکردی بۆ دانرا. دوا بە دوای ئەمە، گەڕایەوە بۆ پێشمەرگایەتی و لە جەلەمۆردی بناری خاڵخاڵان گیرسایەوە. لەو

ماوەیەدا سەرپەرشتیی هێزی پشتگیریی کردووەو کەمتر بۆی لواوە بەشداریی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بکات.

ساڵی ١٩٨٧ کرایە نوێنەری مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری بانە لە ئێران. ساڵی ١٩٨٩ بە بڕیاری تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسی ڕەوانەی سوریا کرا. پاش ئەوەی کە ماوەیەك لەوێ مایەوە، چوو بۆ بریتانیاو لەوێ نیشتەجێ بوو. لەو ماوەیەدا سەرقاڵی کاری ڕێکخراوەیی بوو لە کۆمیتەی ڕێکخستنی بریتانیا.


ساڵی ١٩٩٧ بووە ئەندامی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن. ساڵی ٢٠٠١ بەشداریی لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە قایمقامی چەمچەماڵ. ساڵی ٢٠٠٢ بووە نوێنەری حکومەت بۆ کاروباری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سنوری پارێزگای کەرکوك کە لەو کاتەدا ناوەندەکەی لە دەربەندیخان بوو. ساڵی ٢٠٠٥ لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، لەسەر لیستی پارێزگای سلێمانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاندید کرا. پاش هەڵبژاردن، بووە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

ساڵی ٢٠٠٩ پەیوەندیی بە نەوشیروان مستەفاو سەرکردە جیابووەکانەوە کرد. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لەسەر لیستی گۆڕان خۆی کاندید کردو بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان. پاش پێکهێنانی بزوتنەوەی گۆڕان، بووە ئەندامی جڤاتی گشتیی بزوتنەوەکە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*هێزی پشتیوان (ئۆپەراسیۆن).

## شێرکۆ بێکەس



شاعیری گەورەی کورد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٠ی گەڕەکی گاورانی شاری سلێمانی. بنەچەی بنەماڵەکەی قەڵاچوالانییەو باپیرە گەورەی لە سەدەی هەژدەهەمدا لە سلێمانی گیرساوەتەوە. باوکی، فایق بێکەس، یەکێ لە شاعیرە کلاسیکییە بەناوبانگەکانە.

ساڵی ١٩٤٧، لە حەوت ساڵیدا لەسورداش خرایە بەر خوێندن. باوکی کە مامۆستا بوو، بۆ ئەوێ گوێزرابۆوە و بە هۆی پیشەکەیەوە زوو زوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرایەوە. شێرکۆ بەشێکی خوێندنی سەرەتایی لە هەڵەبجە تەواو کردو لە دواییدا پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە خوێندنگەی فەیسەلیەی شاری سلێمانی و دواتریش ئامادەیی پیشەسازیی لە بەغدا تەواو کرد.

توانای نوسینی شیعری زوو دەستی پێکردو یەکەم شیعری لەگۆڤاری «ڕۆژی نوێ» بڵاوکردەوە کە گۆڤارێکە لە ماوەی نێوان ١٩٦٠ - ١٩٦١ لە سلێمانی دەرچووە. بە بڵاوکردنەوەی ئەو هۆنراوەیە، گەشتی لە دنیای شیعرنوسیندا دەستی پێکرد.


لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا مەیلێکی زۆری بەلای بیروباوەڕی ناسیونالیزمدا پەیدا کردو ئەمەش هانیدا پەیوەندی بە ڕێکخراوی کاژیکەوە بکا کە ڕێکخراوێکی نهێنیی ناسیونالیستی توندڕەو بوو. ئەزمونە حزبییەکەی زۆر کرچ و کاڵ بوو. پاش چەند ساڵێك لە کاژێك بێ ئومێد بوو و بە حزبێکی ساردوسڕ و نادینامیکیو گۆشەگیری دایە

قەڵەم. پاش چەند ساڵێك وازی لێ هێناو جارێکی تر بە لای حزبایەتیدا نەچوو.

ساڵی ١٩٦١ لەگوندی قرگەی نزیك سلێمانی بە مامۆستا دامەزراو ساڵی پاشتر بۆ فەرمانگەی ئەشغالی سلێمانی خۆی گواستەوە. ساڵی ١٩٦٥ کە هێشتا وازی لە کاژێك نەهێنابوو، فەرمانی گرتنی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەرچوو. لەم سۆنگەیەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوچەی باڵەکایەتی گیرسایەوە. لەوێ لەگۆڤاری «دەنگی پێشمەرگە» کاری کرد کە هەژار موکریانی لەگوندی لێوژە دەری دەکرد. هەندێ شیعرو نوسینیشی بە ناوی خوازراو تێدا بڵاوکردەوە. دواتر لەسەر داوای خۆی بۆ بارەگای رادیۆی دەنگی کوردستانی عیراق گوێزرایەوە کە لەو کاتەدا ساڵح یوسفی بەرپرسی بوو و ماوەیەك لەوێ کاری کرد.

ساڵی ١٩٦٦ پاش راگەیاندنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران لە لایەن سەرەك وەزیرانی عیراق دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزازەوە کە تێیدا ئاگربڕ راگەیەنرا و قۆناغی ئاشتی دەستی پێ کرد، لە بەغدا لە رۆژنامەی «برایی» کاری کرد کە پاشکۆی کوردیی رۆژنامەی عەرەبیی «ئەلتەئاخی» بوو. لە «برایی» وتار و پەخشان و چیرۆکی بە ناوی خوازراوی کاوەو پایکانەوە و شیعری بە ناوی خۆیەوە بڵاو کردۆتەوە. پاشان لە بەغدا لە فەرمانگەی ئاو و ئاوەڕۆ دامەزرا و ئەمە وای کرد بەیانییان لە فەرمانگەکە کار بکاو ئێواران لە رۆژنامەی «برایی». ساڵی ١٩٦٨ یەکەم دیوانە شیعری بە ناوی «تریفەی هەڵبەست»و هەر ئەو ساڵە وەك کارمەند گوێزرایەوە بۆ زانکۆی سلێمانی و ساڵی دواتر دیوانی دووەمی بە ناوی «کەژاوەی گریان» لە سلێمانی بڵاو کردەوە.

لە سەرەتای حەفتاکاندا لەگەڵ حسێن عارف و جەلال میرزا کەریم و چەند نوسەرێکی تردا پێکەوە




گروپی روانگەیان دامەزراند کە لە ڕوی مێژووییەوە بە خوێندنگەی وێژەی هاوچەرخ دادەنرێ و بیروباوەڕی ئەم خوێندنگەیە بۆ ماوەیەکی زۆر مایەی مشتومڕو دەمەقاڵەی ناو کۆڕو کۆبونەوەکان بوو. ساڵی ١٩٧١ دیوانی سێیەمی بە ناونیشانی «من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ» و ساڵی ١٩٧٣ شیعری شانۆیی «کاوەی ئاسنگەر» و دیوانە شیعری «کازیوە»ی دەرکرد.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ئێزگەی «دەنگی کوردستانی عیراق» کاری کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانیو زۆری نەبرد بۆ قەزای هیتی پارێزگای ئەنبار دور خرایەوەو لەوێشەوە بۆ شارۆچکەی بەغدادی نێردرا. تەنها لە ساڵی ١٩٧٨ دا ڕێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

لە سەرەتای هەشتاکاندا بەنامە پەیوەندیی لەگەڵ نوسەرانی شاخ و تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفا و فەرەیدون عەبدولقادر و دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دامەزراند. لەو ماوەیەدا چەند شیعرێکی بە ناوی جوامێرەوە لە رادیـوی دەنگی گەلی کوردستان پەخش کران.

ساڵی ١٩٨٣ داوای لێ کرا سرودێك بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بنوسێ، ئەویش سرودی «مەشخەڵان»ی نوسی کە دواتر بوو بە مارشی یەکێتی. سرودەکەی لە سەردانێکی بۆ گوندی بالیسان پێشکەش بە تاڵەبانی کردو پاشان ئەنوەر قەرەداغی لە سلێمانی ئاوازی بۆ دانا. لێرە بەدواوە، سرودەکە بە شێوەی مارش رۆژانە لە سەرەتای دەستپێکی بەرنامەکانی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لێدەدرا.

ساڵی ١٩٨٤ دیوانە شیعری «کۆچ»ی دەرکرد و هەر لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، ئەگەری دەستگیر کردنی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە زیادی کرد، بۆیە لە کانونی یەکەمدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو ماوەیەك لە ناوچەی مەرگە مایەوە. دواتر، چووە بەرگەڵوو و لە بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان گیرسایەوە.

لەو ماوەیەی کە لە بەرگەڵوو بوو، پەرەی بە بزافی رۆشنبیری داو دوو دیوانی دەرکرد یەکێکیان لە ساڵی ١٩٨٥ دا بە ناوی «کەشکۆڵی پێشمەرگە» کە بە نمونەی شیعری بەرەنگاری دەژمێردرێو ئەوی تر لە ساڵی ١٩٨٦ دا بە ناوی «ئاوێنە بچوکەکان».

ساڵی ١٩٨٦ لە رێی ئێرانەوە چوو بۆ سوریاو لەوێوە چوو بۆ سوید. ساڵی دواتر خەڵاتی تۆخولسکیی وەرگرت کە سەرەك وەزیرانی سوید ئینگڤار کارلسۆن لە ئاهەنگێکی تایبەتدا پێشکەشی کرد. ساڵی ١٩٩٢ لە سوید دیوانی «دەربەندی پەپولەکان»ی دەرکرد. لەو ماوەیەی کە لە سوید بوو، بەشێکی زۆری شیعرەکانی وەرگێڕدرانە سەر زمانی سویدی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، رۆمانی، پۆڵۆنی، ئیتالی، تورکیو عەرەبی.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دا لەسەر لیستی سەوز بۆ پەرلەمانی کوردستان کاندید کراو بە ئەندام هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەزیری رۆشنبیری دانرا. ساڵی ١٩٩٤ دەستی لە کار کێشایەوە.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٨ - ٢٠١٣ دا بەڕێوەبەری دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی سەردەم بوو کە دامەزراوەیەکی رۆشنبیریی گەورەیەو رۆڵێکی دیاری لە دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردیدا هەیە.


ساڵی ٢٠١٣ بیرەوەرییەکانی لە دوتوێی دوو کتێبی گەورەدا بە ناونیشانی «نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش»، لە سلێمانی لە لایەن ناوەندی غەزلنوسەوە بڵاو کرانەوە.

لە٤ی ئابی ٢٠١٣ دا لە نەخۆشخانەی کارۆلیسنکا لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید کۆچی دوایی کردو لە پاش خۆی سامانێکی شیعریو ناوبانگێکی جیهانیی بەجێ هێشت.

بابەتی پەیوەندیدار:

* مەشخەڵان (سرود).

## شیروان شیرەوەندی



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی ساڵح

عوسمان کاکەخان بەگلەر شەفی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٦ی گوندی شیرەوەندی ناوچەی بنکورەی قەزای خانەقین. هەر لەو گوندە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووەو قۆناغەکانی تری لە خانەقین تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٥٩ لە کاتێکدا کە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووە، بۆتە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٦٣دا بۆتە کادیر لە ناوچەی خانەقین. ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو بۆتە پێشمەرگەو زۆرتر لە خانەقین و بەمۆ لە بواری ڕێکخستندا کاری کردووە. لەم رووەوە پلە ڕێکخراوەییەکانی، لە ئەندامی ناوچەوە، پلە بە پلە بڕیوە تا گەیشتووە بە لێپرسراوی ڕێکخراو.

لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا گۆڕانێکی فیکری بەسەر تێڕوانینەکانیدا هات و زۆرتر بە لای بیروباوەڕی چەپ و پێشکەوتنخوازیدا دایشکاند. لە ساڵی ١٩٧٤دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە هەندێ قۆناغدا لە خانەقین پەیوەندیی راستەوخۆی بە موحسین عەلی ئەکبەرەوە هەبوو.

ساڵی ١٩٧٦ پشتگیریی پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردو هەر ئەو ساڵە لە قەرەداغ بووە پێشمەرگەی یەکێ لە مەفرەزە سەرەتاییەکان. بەڵام بە هۆی هەندێ کێشەوە، ریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو لەوێ وەك کادیرێکی چالاك و بەتوانا دەرکەوت.

پاش جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئازاری ١٩٧٩و دواتر دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان لە یەکگرتنەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرەنسی ئابی ١٩٧٩، لە ناو حزبە تازەکەدا درێژەی بە خەبات دا. ساڵی ١٩٨١ لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە لە دۆڵەتوو لەسەر سنوری عیراق- ئێران بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

لە کۆبونەوەی ٩ی ئابی ١٩٨٣ی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا کە لە گوندی زێوکەی باکوری رۆژئاوای شاری پیرانشاری ئێران بەسترا، لەگەڵ هەر یەك لە ئەحمەد فەقێ رەش و ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد ناسراو بە مەلا ناسیح، بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کاروباری بارەگای مەکتەبی سیاسی دیاری کران.

پاش راپەڕین، کرایە لێپرسراوی لقی پارێزگای دیالەی حزب. لەو قۆناغەدا پشتگیریی پڕۆژەی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستانی کردو لە چوارچێوەی شاندی حزبەکەیدا رۆڵێکی کارای لە وتوویژی یەکگرتنەوەی هەردوو حزبدا گێڕا. لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیستدا کە لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢ دا لە رانیە بەسترا، ئەوو رەسول مامەندو محەمەد شاکەلی بە هەڵبژاردنی راستەوخۆ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردران و پاش کۆنگرە بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. هەر لەو کۆنگرەیەدا دەنگی بە یەکگرتنەوە دا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

پاش واژۆکردنی دیکۆمێنتەکانی یەکگرتنەوەو راگەیاندنی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٣، بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرا.

دواتــر، پــاش نەهێشتنی پلەی ئـەندامـی یەدەکی سەرکردایەتی، بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەند لێپرسراوەتییەکی گرنگی گرتۆتە ئەستۆ لەوانە جێگری مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك و جێگری لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن. دوا پلەشی یاریدەدەری تاڵەبانی بوو بۆ کاروباری چاودێری و پشکنینی گشتی. لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣دا کۆچی دوایی کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پەیمانی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

## شێروانە (تیپ)

تیپی ٥٣ی شـێروانـە. تیپێکە سـاڵـی ١٩٨٥ دامــەزراوە. لـەمـەوبـەر سـنـورەکـەی بەشێك بـووە لە سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان، بەڵام لەبەر زۆریی کەرتەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان کە ژمارەیان ١١ کەرت بوو، بڕیار درا ناوچەکانی کەلارو زەنگابادو باوەنور لە تیپەکە جیا بکرێنەوەو تیپێکی تازەیان بە ناوی تیپی ٥٣ی شێروانەوە لێ پێك بهێنرێت.

ئـەم تیپە تەنها دوو فـەرمـانـدەی هـەیـە. یەکەم فەرماندەی تیپەکە عادل شوکر ئەحمەدە کە پێشتر فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان بووەو دوای ئەوەی کە تیپەکە کرایە دوو لەتو لەتێکیان بە ناوی تیپی ٥١ی گـەرمـیـان مـایـەوە و ئـەوی تر نـاو نـرا تیپی ٥٣ی شێروانە، بڕیار درا عادل شوکر ئەحمەد ببێ بە فەرماندەی تیپە تازەکە.

لـە سـاڵـی ١٩٨٧دا حـەمـە ڕەش کەسنەزانی کەفەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان بووە، بە هەمان پلە گوێزرایەوە بۆ تیپی ٥٣ی شێروانەو فەرماندەیی تیپەکەی پی سپێردرا. لە کاتی شاڵاوی سێیەمی ئەنفالەکاندا بۆ سـەر نـاوچـەی گـەرمیان، تیپەکە ڕۆڵێکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا گێڕاو ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی، ناوچەکەیان بەجێ نەهێشت و بە شێوەی پارتیزانی تێیدا مانەوە. لەو ماوەیەدا ژمارەیەك بنکەیان لە ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و بازیان دانا کە پاشتر، لە قۆناغی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، پێشمەرگە دابڕاوەکانیان تێدا ڕێك خرایەوەو لەوێشەوە پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆری چەکدارەکانی حکومەتی عیراقەوە کرا و میکانیزمی گونجاو بۆ بەشداری کردنیان لە ڕاپەڕینی دیزاینکراودا دانرا.

تیپی ٥٣ی شێروانە یەکێکە لە تیپە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە. سـەرەڕای ئـەوەی کە بەڕێژە لە تیپەکانی تر درەنگتر پێك هێنراوە، بەڵام توانیویەتی ڕۆڵێکی کارا لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا بگێڕێ. ساڵی ١٩٨٨ هێزی پێشمەرگەی ئەم تیپە بەشدار بوو لە بەرپەرچدانەوەی شـاڵاوی یەکەمی ئەنفال بۆ سەر دۆڵی جافایەتیو لە شەڕەکاندا چوار شەهید هەبوو. هەروەها لە کاتی شاڵاوی سێیەمی ئـەنـفـالـەکـانـدا ڕۆڵـێـکـی دیــاری لـە ڕزگـارکـردنـی هاووڵاتییانی سنورەکەدا بینیوە.

## شیلانە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزێکی سوپای عیراق لەگوندی شیلانەی ناوچەی مەرگە لـە١٦ی نیسانی ١٩٧٧. سەرکردایەتیی سوپای عیراق پلانێکی سەرتاپاگیری بۆ کێومالْ کردنی ناوچەکە دانا بوو بە مەبەستی لەناوبردنی گروپە چەکدارە تازە پەیدابووەکان. ئەو ڕۆژەی بڕیار درابوو ناوچەکە کێومالْ بکرێ، هەلیکۆپتەر بە بەردەوامی

بەسەر ناوچەکەدا دەسوڕایەوەو لە چەند شوێنێك لەسەر چیاکان سەربازی دابەزاندبوو. هێزی پیادەش لە بەری پشدەرەوە روی لە ئامانجە دیاریکراوەکان کردبوو.

هێزی پێشمەرگە بارەگایەکی لە گوندی چۆڵکراوی شیلانە دانابوو. بۆ خۆئامادەکردن بۆ شەڕێکی چاوەڕوانکراو، هێزەکە بارەگای گوندەکەی بەجێ هێشت و چووە سەر چیاو لە شوێنێك کە پێی دەوترێ پاش باریکان و دەڕوانێتە سەر گوندەکە، سەنگەری لێداو دامەزرا. لەم سەروبەندەدا هێزێکی سوپا کە بە هەلیکۆپتەر لەسەر چیای چڕی دابەزێنرابوو، وردە وردە دابەزی و روی کردە گوندی شیلانە.

هێزەکەی سوپا کە نزیکەی ٧٥ سەرباز دەبوو، چووە ناو گوندەکەو دەستی بە پشکنینی کرد. پاش ئەوەی لەوە دڵنیا بوو کەگوندەکە کەسی لێ نیە، ترسی رەوییەوە.

هێزەکەی سەر چیا کە لە ١١ پێشمەرگە بە فەرماندەیی رەسول رەشید سەعید ناسراو بە رەسول کاکەڕەش پێك هاتبوو، لێگەڕا تا سەربازەکان بە تەواوی لە شوێنەکە دڵنیا بوون. لە ساتێکی گونجاودا سەربازەکان درانە بەر ئاگرو لە یەکەم دەستڕێژدا فەرماندەی سەربازەکان و ژمارەیەك سەرباز کوژران. سەنگەری پێشمەرگەکان بەسەر گوندەکەدا زاڵ بوو، لە کاتێکدا شوێنی سەربازەکان روتەن بوو. بۆ فریاکەوتنی هێزە گیرخواردووەکە، هەلیکۆپتەر ژمارەیەك سەربازی لە پشت سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە زینوی شیلانە دابەزاند، بەڵام ئەو هێزە توانای ئەوەی نەبوو لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیك ببێتەوە چونکە شوێنی سەنگەرەکان زۆر سەخت بوو. سێ هەلیکۆپتەر کەوتنە تەقەکردن لە پێشمەرگەکان بەڵام هیچ زیانیان پێ نەگەیاندن. لە کۆتاییدا هێزەکانی عیراق بە بێ ئەوەی ئامانجەکانیان بەدی بێنن، کشانەوە.

لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق ئەفسەرێك و ١٧ سەربازیان لەدەستدا. پێشمەرگە هیچ زیانێکی گیانیی نەبوو.

ناوی ژمارەیەك لەو پێشمەرگانەی کە لەم شەڕەدا بەشدار بوون: عەبدوڵڵا مام سەعید، بەکر حاجی خدر، ئەبوبەکر رەسول حەمە عەزیز، عەبدوڵڵا محەمەد رەسول، محەمەد ئەمین عەزیز، رەسول حاجی کوێخا کانی شینکەیی.

ئەم شەڕە لە قۆناغێکدا قەوماوە کە هێشتا هێزی پێشمەرگە رێك نەخرابوو و هێشتا کوردستان بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش نەکرابوو. پاش شەڕەکە بە دەوروبەری پێنج مانگ، هێزی پێشمەرگە رێك خراو هەرێمەکان پێك هێنران. هەروەها هێشتا پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕی بوو، بۆیە جۆرە شێوازییەك باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی پلانی دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا کێشا بوو. لەو قۆناغەدا سوپای عیراق ستراتیجی خۆی لەسەر بنەمای کاراکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و پەرتەوازەکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو گروپە چەکدارە خێڵەکییە رێکنەخراوەکان دامەزراندبوو، بەڵام گەورەترین گرفتی سوپای عیراق لەو ماوەیەدا، رانەهاتن بوو لەسەر ئەو شەڕەی کە مەفرەزە سەرەتاییە پارتیزانەکان بەڕێوەیان دەبرد.

## شێنێ (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)

کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان بە سەرپەرشتیی نەوشیروان مستەفا لە گوندی شێنێی ناوچەی قەڵادزێ لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨. کۆبونەوەکە

که پێنج ڕۆژی خایاند، بە شێوەی سیمینار ڕێك خراو سەبارەت بە چەردەیەك مەسەلەی گرنگ گفتوگۆی تێرو تەسەلی تێدا کرا.

لەم کۆبونەوەیەدا بابەتی بژاردەی ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە بە لایەکدا خراو بڕیار درا کۆمەڵە لە جیهانبینیدا پابەندی سەرچاوە ڕەسەنەکانی بیری مارکسیزم بێ کە خۆیان لە نوسینەکانی مارکس و ئەنگڵس و لینین دا دەبیننەوەو لەم سەروبەندەدا ماو تسی تۆنگ، ڕابەری گەورەی چین، چیتر نەخرایە ئەو ئاستەوە کە یەکێکە لە ستونە گەورەکانی بیری مارکسیستی، بەڵکو بە یەکێ لە شرۆڤەکارانی مارکسیزم دانرا، نوسینەکانی مەرجی ڕەسەنییان لێ سەنرایەوەو چیتر بەو چاوە سەیری ماویزم نەکرا کە مارکسیزمی سەردەمی هەرەس هێنانی ئیمپریالیزمە، بەڵکو زۆرتر وەك ئەزمونێکی لۆکالی بنیاتنانی سۆسیالیزم مامەڵەی لەگەڵدا کرا. پەیوەند بەم مەسەلەیە، بڕیاری گۆڕینی ناوی کۆمەڵە دراو لەم سەروبەندەدا کۆبونەوەکە لە سەر ئەوە گیرسایەوە کە پێویستە پاشگری «مارکسی- لینینی» لە ناوی کۆمەڵە بقرتێنرێ، چونکە ئەم فۆرمە لە جیهاندا زۆرتر بۆ ئەو گروپە مارکسیستییانە بەکار دەهێنرا کە پەیڕەوی ڕێبازی چین بون و بیروباوەڕی ماو تسی تۆنگیان بە درێژەپێدەرو گەشەپێدەری تیۆریکی و ئیپستمۆلۆژیی مارکسیزم ئەژمار دەکردو تێڕوانینێکی وایان هەبوو کە ئەمریکاو تەواوی جیهانی ڕۆژئاوا ئیمپریالیزمن و یەکێتیی سۆڤێت سۆسیال-ئیمپریالیزمە. هەرچەند هیچ پەیوەندییەکی فەرمی لە نێوان کۆمەڵەو پارتی کۆمۆنیستی چین دا نەبوو، بەڵام ناوی کۆمەڵە بەو فۆرمەی کە دامەزرێنەرە بەراییەکان هەڵیانبژاردبوو، دەم و دەست تێڕوانینێکی وای لێ هەڵدەکرێندرا کە کۆمەڵە شوێن پێی ڕێبازی چینی هەڵگرتووەو پەیڕەویی لە جیهانبینییەکانی دەکات. بیرۆکەی زاڵ لە ناو کۆبونەوەکەدا ئەوە بوو کە گومانی ماویستیبونی کۆمەڵە دەشێ تەگەرە لە هەر پەیوەندییەك بدا کە دەشێ لە ئایندەدا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا دروست ببێ.

هەروەها کۆبونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گۆڕینی ناوی کۆمەڵە بۆتە مەسەلەیەکی پێویست چونکە ئەو ناوە کە ساڵی ١٩٧٠ بۆی هەڵبژێردراوە ڕەنگدانەوەیەکی دەقاودەق و وشك و برینگی ئایدیۆلۆژیایە و ئەوەندەی کە بە کەڵکی توێژە خوێندەوار هۆشیارەکان دێ، ئەوەندە بە کەڵکی توێژە کەم خوێندەوارەکان نایەو لە هەندێ ڕووەوە دەشێ ببێ بە مایەی دروست کردنی بەربەست لە بەردەم پەلهاوێشتنی ڕێکخستنەکان بۆ ناو هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی لە ناوچە لادێنشینەکان. کۆبونەوەکە پاش تاوتوێ کردنی چەند ناوێکی پێشنیارکراو، هەڵبژاردنی ناوێکی دیاریکراوی بە کراوەیی بۆ کاتێکی گونجاو هێشتەوە.

کۆبونەوەکە بڕیاری هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی کاتیی تا بەستنی کۆنفرەنس دا. بەپێی ئەوەی کە بڕیاری لێ درا، لە ناو کاندیدەکاندا ١٥ ئەندام بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران. بەمجۆرە، سەرکردایەتیی تازە لە نەوشیروان مستەفا، عومەر عەبدوڵڵا، ئیحسان نەجمەددین ناسراو بە ئەبو شەهاب، ئازاد هەورامی، سالار عەزیز، سەید کەریم هاودیانی، بەکر حاجی سەفەر، مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ عەلی، مستەفا چاوڕەش، دلێر سەید مەجید، حیکمت محەمەد کەریم ناسراو بە مەلا بەختیار، برایم جەلال، ئاوات قارەمانی، زێڕۆ عەبدوڵڵا و فازل کەریم ئەحمەد ناسراو بە جەعفەر پێك هات، لەوانە نەوشیروان مستەفا بە ڕێکخەری گشتی هەڵبژێردرایەوەو ناوەندێك لە ڕێکخەری گشتی و مەلا بەختیار و فازل کەریم ئەحمەد پێك هێنرا. سەبارەت

بەو ئەندامانەی سەرکردایەتی کە لە زیندانەکانی عیراقدا بون، کۆبونەوەکە هەر ئەو بڕیارەی دا کە پێشتر لە کۆبونەوەکەی نۆکان درابوو کە تێیدا پلەی سەرکردەیی لە هیچ کامێکیان نەسەندرابۆوە.

لەم سەروبەندەدا مەسەلەی خۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنفرەنس بە تێر و تەسەلی تاوتوێ کرا و بڕیار درا پێداویستییەکانی بەستنی کۆنفرەنس لە کاتێکی گونجاودا دەستەبەر بکرێن. هەروەك بڕیاریش درا کۆمیتەیەك بە ناوی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ لە شارەکان بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنە نهێنییەکان پێك بهێنرێ و ئەندامەکانی پلەی سەرکردایەتییان هەبێ.

تاڵەبانی وەك سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دکتۆر مەحمود عوسمان سکرتێری لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان دوو محازەرەیان وتەوەو بەشداریشیان لە بەشێکی گفتوگۆکانی ناو کۆبونەوەکەدا کرد.

کۆبونەوەکە بەیاننامەی کۆتایی دەرکرد کە نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی، تێیدا کرۆکی گفتوگۆکانی کۆبونەوەکە چڕ کراوەتەوە. ئەم دیکۆمێنتە بە دیکۆمێنتێکی ئێجگار گرنگ دەژمێردرێ و زۆرتر لە نەخشە ڕێگایەکی تەواو دەچێ کە لە ساڵانی داهاتوودا لە قۆناغی جیاجیادا ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەت و ئاراستەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، بەتایبەتی لە بەشە تیۆریکییەکەیدا کە تێیدا تێڕوانینی تازە دەربارەی مەسەلەکانی وەك ئۆتۆنۆمی، مافی چارەی خۆنوسین، چۆنێتیی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کوردو بەغداو شێوەی بەڕێوەبردنی شەڕی پێشمەرگانە گەڵاڵە کراوە.

وا دانرا بوو کۆبونەوەکە زۆرتر بخایەنێ بەڵام لە ڕۆژانی دوایی کۆبونەوەکەدا هەواڵی خۆئامادەکردنی هێزەکانی عیراق بۆ هێرش کردنە سەر بنکەکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشت، بۆیە بە پەلە کۆتایی بە کۆبونەوەکە هێنرا، بڵاوە بە کادیرەکان کرا و دەست بە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی بەربڵاو کرا. لە ٨ی تشرینی دووەمدا هێزەکانی عیراق دەستیان بە جێبەجێ کردنی پلانە دانراوەکەیان کردو شەڕ بۆ ماوەی ٩ ڕۆژ درێژەی کێشا کە تێیدا هێزەکانی عیراق شکستیان هێناو زیانێکی گەورەیان لێ کەوت.

بابەتی پەیوەندیدار:

*نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

*شێنێ (شەڕ).

## شێنێ (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ١٩٧٨ بە یارمەتیی جاش و بە پشتیوانیی هەلیکۆپتەر هێرشی کردۆتە سەر گوندی شێنێ لە ناوچەی قەڵادزە. پاش شەڕێکی شەش سەعاتی، هێزەکە بە بێ بەدیهێنانی ئامانجەکەی، گەڕایەوە بۆ سەربازگەی گۆجاڕ.

## شێنێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی لەشکری یەکی سوپای عیراق لەگوندی شێنێ لە ناوچەی قەڵادزێ کە ٩ ڕۆژی خایاندوە. سەرلەشکر وەلید مەحمود سیرت لە چوارقوڕنەوە سەرپەرشتیی شەڕەکەی کردووە.

شەڕەکە لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ شەو سەعات ١,١٥ دەستی پێکرد، کاتێك هێزێکی سوپا

هێرشی کردە سەر چیای مامەندەو پاش شەڕێکی سەخت گرتی. لەولاشەوە هێزێکی تری سوپا لەگوندی بێگەڵاسەوە هێرشی کردە سەر گوندی شێنێ. لە قوڵی شێنێ پێشمەرگە بەرەنگاری هێزەکە بوون و دوای شەڕێکی دوو سەعات و نیوی، هێزەکانی سوپا پاش ئەوەی زیانی کوژران و بریندابوونی زیاتر لە ٢٠ سەربازیان لێ کەوت، کشانەوە.

بۆ رۆژی دواتر، سەعات ٥،٤٥ هێزەکانی سوپا هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر شێنێ. پێشمەرگە بەرەنگاری بوونەوە و شەڕ هەتا ئێوارەی خایاند. دوژمن بەشکاوی بەرەو سەربازگەی گۆجار کشایەوە. لەم شەڕەدا ٦ سەرباز کوژران و زێدەتر لە ٥٠ سەرباز بریندار بوون.

لە ١٠ی تشرینی دووەمدا سوپا هێرشێکی تری کردە سەر شێنێ و پاش ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر سەربازی لێ کوژراو بریندار بوو، بەبێ ئەوەی هیچ بەدەست بێنێ، بەشکاوی کشایەوە بۆ سەربازگەی گۆجار. رۆژی دواتر، شێنێ و زەڵێ و ناوزەنگ درانە بەر تۆپ.

لە ١٢ی تشرینی دووەمدا سوپا هێرشێکی تری بەربڵاوی کردە سەر شێنێ و دوای شەڕێکی سەخت ژمارەیەکی زۆر کوژراوو برینداری لێ کەوت و بە شکاوی کشایەوە بەرەو سەربازگەی گۆجار. هێزی پێشمەرگە هەندێ چەك و کەلوپەلی دەستکەوت.

لە ١٤ی تشرینی دووەمدا سوپا کەوتە بەکارهێنانی هەلیکۆپتەری شەڕکەر بۆ بۆردومان کردنی گوندی شێنێ و سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

لە ١٥ی تشرینی دووەمدا سوپا هێرشێکی بەربڵاوی دیکەی کردە سەر شێنێ، بەڵام هیچ ئامانجێکی بەدەست نەهێناو زیانێکی زۆری لێ کەوت. بەشێکی هێزەکە بە هەلیکۆپتەر لە ناو خاکی ئێران لە قۆپیی جاسوسان دابەزێنراو پێش ئەوەی دنیا تاریك دابێ، بە هۆی بەفر بارینەوە بە هەلیکۆپتەر برایەوە بۆ سەربازگە.

لە ١٦ی تشرینی دووەمدا سوپا پێشڕەویی کرد، هەندێ سەرکەوتنی بە دەست هێناو توانی بگاتە ناو شێنێ. لەوێ بارەگای پۆلیس و چەند ماڵێکی تەقاندەوە. پاش ئەم پێشڕەوییە، پەرە درا بە بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر بۆ بۆردومان کردنی ناو گوندەکەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە. ئەو رۆژە سێ هەلیکۆپتەر پێکران و لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی شەڕەکە کەوتنە خوارەوە. دوژمن کوژراوو برینداری‌ێکی زۆری لێ کەوت. پێشمەرگە دەستی بەسەر چەند پارچە چەکێکدا گرت.

بە درێژایی رۆژانی شەڕەکە، هەلیکۆپتەرەکان چەند جارێك هەوڵیاندا سەرباز لە شێنێ و زەڵێ و ناوزەنگ دابەزێنن بەڵام دوو دۆشکاکەی سەر چیا کە یەکێکیان دەیڕوانییە سەر زەڵێ و ئەوی دیکە دەیڕوانییە سەر شێنێ هەوڵەکانیان پوچەڵ کردەوە، سەرباری ئەوەی کە تەم و بەفر بارین دەرفەتێکی زۆریان بۆ دابەزاندنی سەرباز نەدەرەخساند.

لە شەڕەکەدا هەماهەنگییەکی دیار لە نێوان عیراق و ئێراندا هەبوو. ئێرانییەکان رێیان دابوو هێزەکانی عیراق لە کاتی پێویستدا بە قوڵایی پێنج کیلۆ مەتر بچنە ناو سنوری ئێران و بە هەلیکۆپتەر هێز لەسەر چیاکان دابەزێنن. خۆیشیان هێزیان لە پشت شەڕگەکە دانا بوو بۆ رێگرتن لە کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو خاکی ئێران. بەپێی ئەم رێککەوتنە، هەلیکۆپتەرەکانی عیراق هێزیان لە پشت هەردوو گوندی بێدەلان و گۆڕەشێر دابەزاند.

لە دیکۆمێنتە فەرمییە سوپاییەکانی عیراقدا ئۆپەراسیۆنەکە ناو نراوە «ئۆپەراسیۆنی شۆڕەسوارە ئازاکان» و بە هەماهەنگیی پێشوەخت لە نێوان

رژێمی عیراق و رژێمی شای ئێران بەڕێوە چووە. بە درێژایی ئەو ماوەیە، هێزەکانی ئێران لە بانەو مەریوان لە ئامادەباشیدا بون و سنوریان داخستبوو. وا دانرا بوو هێزەکانی عیراق فشار بخەنە سەر هێزی پێشمەرگەو ناچاری بکەن بکشێتەوە بۆ دواوە. لەو سۆنگەیەشەوە کە سنور بە روی هێزی پێشمەرگەدا داخرا بوو، هێزەکانی عیراق خوازیار بون تەنگ بە هێزی پێشمەرگە هەڵچنن و لەتوپەتی بکەن. سوپای عیراق بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان لەشکری یەکی سوپای عیراق و هێزەکانی ئێران، جەنرال وەفیق سامەرائیی بە لێپرساوی هەماهەنگی دانا بوو. ئەو بە هەلیکۆپتەر دەچوو بۆ دیوی ئێران و دەگەڕایەوە.

لە ڕاستیدا ئەگەری کشانەوەی هێزی پێشمەرگەو پێشڕەویی هێزەکانی عیراق و لەدەستدانی شێنێ و زەڵێ و ناوزەنگ ئەگەرێکی لەبەرچاو بوو. لە باری سەرنجی عەسکەرییەوە، تەرازوی هێز کە زۆرتر لە بەرژەوەندیی عیراقدا بوو، زۆر بژاردەی بۆ هێزی پێشمەرگە نەدەهێشتەوە. بۆیە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ خراپترین ئەگەر، لە کۆبونەوەی ١٦ی تشرینی یەکەمدا پلانی بۆ دەربازکردنی ئامێرەکانی رادیۆو چاپ و دیکۆمێنتەکان داناو بڕیاری بڵاوە پێ کردنی ئەندامانی سەرکردایەتی و هێزەکانی دا لە کاتی لێقەوماندا. لەم سەروبەندەدا، بڕیار درا هێزەکان بەرەو سنوری ئێران نەکشێنەوە، بەڵکو لە قۆناغی یەکەمدا بچن بۆ دۆڵەکۆگەو دواتر لەوێوە بڵاو ببنەوە. سەبارەت بە تاڵەبانیش، بڕیار درا ببرێ بۆ شوێنێکی پارێزراو لە نێوان هەردوو گوندی توژەڵە و نۆکان و لەوێوە شەڕەکە بەڕێوە بەرێ و ئەگەر هەموو شوێنەکان گیران، لەوێوە بچێ بۆ دۆڵەکۆگەو پاشان مشوری دیاریکردنی شوێنێك بۆ سەرکردایەتی بخورێ.

لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەکەدا کەش خۆش بوو، دواتر کەوتە پڕوشە بەفر. وردە وردە کەشەکە سەختتر دەبوو. بەفرێکی زۆر باری و بووە هۆی تێکدانی ئەو پلانی شەڕەی کە دوژمن چنی بووی. سەربازەکانی سەر چیای مامەندە لەبەر بەفر بارین نەیانتوانی بمێننەوە. بەشێکی زۆریان رەق بونەوەو تەرمی هەندێکیان تا بەهار لە ژێر بەفردا مایەوە. لە کۆتاییدا هەموو پلانەکە لەبەر یەك هەڵوەشایەوەو هەلیکۆپتەر ئەوەندەی کە فریا کەوت، سەربازەکانی سەر چیای گواستەوە، هێزی پیادەش بۆ قەڵادزێ و رانیە کشایەوە.

لە ٩ ڕۆژی شەڕەکەدا، دوژمن نزیکەی ٢٥٠ کوژراوو ٢٠٠ برینداری لێ کەوت، ٣ هەلیکۆپتەری لێ کەوتە خوارێ و چەندین پارچە چەك و بڕێکی زۆر فیشەك و تەقەمەنیی لێ بەجێ ما. تەرمی ئەو سەربازانەی لەبەر دەستی هێزی پێشمەرگەدا بون، بەپێی داب و نەریتی ئاینی ئیسلام نێژران. هێزەکانی عیراق هەموو شوێنەکانیان بەجێ هێشت. سەرەڕای سەختیی شەڕەکان، هێزی پێشمەرگە هیچ شەهیدێکی نەبوو. زیان تەنها برینداربونی یەك پێشمەرگە بوو.

پاش نزیکەی ٤ مانگ و نیو لە شەڕەکەو پاش ئەوەی کە بەفری سەر چیا توایەوە، هێزی پێشمەرگە چەند پارچە چەکێکی کاتی شەڕەکەی دۆزییەوە، لەوانە هاوەنێکی ٦٠ ملم کە لە ٥ی نیسانی ١٩٧٩دا لە چیای مامەندە دۆزرایەوە.

ئەو هێزانەی پێشمەرگە کە لە شەڕەکەدا بەشدار بون هێزی تێکەڵە بون لەوانە هێزەکانی هەرێمی ٦ی پشدەر کە ژمارەی پێشمەرگەکانی دەوروبەری ١٥٠ پێشمەرگە دەبوو، هەرێمی ٧ی باڵەك کە لەو کاتەدا ٣٧ پێشمەرگەی لەوێ بوو، لەگەڵ هێزی پاراستنی

مەکتەبی سیاسی. لەم شەڕەدا دەستەواژەی «جەنرال بەفر» وەك ئاماژەیەك بۆ کاریگەریی خراپیی کەش و هەوا لەسەر نەخشەکانی شەڕ، لە شۆڕش داهات. لە شەڕەکەدا پێشمەرگەکانی مەنگوڕایەتی و باڵەك رۆڵێکی دیارو بەرچاویان هەبوو.

ناوی بەشێك لەو پێشمەرگانەی کە رۆڵێکی دیاریان لە شەڕەکەدا هەبوو: عومەر عەبدوڵڵا، ئەحمەد مەولود حەمەد، مەلا بەختیار، عەبدوڵڵا خدر سەلیم حەسەن ناسراو بە عەبدوڵڵای حاجی خدر، حاجی حاجی برایم، رەسول حاجی شێخە، عەبدولرەحمان سیوەیسی، محەمەد وەتمان، حەسەن عەبدوڵڵا عوسمان، فەقێ رەسول ئالان، فەقێ عەلی، هەمزە قادر، عەبدوڵڵا قادر حسێن، قادر مامەند بابەکر ئاغا، حەمەد برایم عەبدوڵڵا ناسراو بە حەمە لاو.

سەرکردایەتیی سیاسیی عیراق بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێك بۆ گرتنی ناوچەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر بە پەلە بوو. پێشهاتەکانی ئێران مایەی نیگەرانی بون بۆ عیراق. رژێمی شا خەریك بوو لە ناو وڵات دەستپێشخەریی لە دەست دەداو خۆی لە بەردەم شەپۆلی نارەزایی خەڵك نەدەگرت. ئیمام خومەینی لە پاریسەوە تەنگی بە شا هەڵچنی بوو و بناغەی رژێمەکەی لەق کرد بوو. لەو بارودۆخەکەدا رژێمی عیراق لە مانەوەی رژێمی شا دڵنیا نەبوو. بۆیە دەیویست پێش رووداوەکان بکەوێ و خۆی بۆ هەموو ئەگەرە خراپەکان ئامادە بکات. لەم سەروبەندەدا سەرکردایەتیی سیاسیی عیراق کەوتە جمین و داوای لە وەزارەتی بەرگری کرد پلانێکی خێرا بۆ گرتنی ناوچەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابنێ. پلانەکە زۆر بە پەلە، تەنانەت پێش ئەوەش کە لە هەموو رویەکەوە تاوتوێ بکرێ و هەموو پێداویستییەکانی دابین بکرێن، دەست بە جێبەجێ کردنی کرا. لە ئۆپەراسیۆنەکەدا هێزەکانی عیراق شکستێکی گەورەیان لێ قەوماو نەیانتوانی ئامانجە دیاریکراوەکانی ئۆپەراسیۆنەکە بەدی بێنن. هەماهەنگیی نێوان هەردوو سەرکردایەتیی سوپای عیراق و ئێران لە ئۆپەراسیۆنی شێنێ لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوایین هاوکاریی نێوان هەردوو رژێم بوو بەپێی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ی جەزایر لە دژی بزوتنەوەی کورد.

پاش شکستی ئۆپەراسیۆنی شێنێ، رژێمی عیراق لەبەر سەرقاڵبونی بە چاودێری کردنی پێشهاتەکانی ئێران، نەپرژایە سەر خۆ ئامادەکردن بۆ لەشکرکێشییەکی تر بۆ سەر شێنێ. لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٩دا، دوو مانگ پاش شکستی ئۆپەراسیۆنەکە. شا ئێرانی بەجێ هێشت. لە ١ی شوباتدا، ئیمام خومەینی گەڕایەوە بۆ ئێران و لە ١١ی شوباتدا رژێمی شا روخا.

## شێنێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و نێوان ژمارەیەکی زۆری جاشەکان لە بەرزاییەکانی سەر شێنێ و قوتەی چیای مامەندە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠.

لەم شەڕەدا هێزێکی بەربڵاوی جاشەکان هێرشی کردە سەر بەرزاییەکانی دەوروبەری شێنێ و چیای مامەندە، بەڵام پێشمەرگەکانی یەکێتی و حزبی سۆسیالیست بەرەنگاری هێرشەکە بوونەوەو تێکیان شکاند. دوای ئەوەی جاشەکان ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراو بریندار بوو، سەنگەرەکانیان چۆڵ کردو بەرەو قەڵادزێ رایانکرد. هەندێ لە لاشەی کوژراوەکانیان

لە مەیدانی شەڕ لێ بەجێ ما. لە هێزی پێشمەرگە، چوار شەهید هەبوو، یەکێکیان شەهیدی یەکێتییە، ئەوانی تر شەهیدی حزبی سۆسیالیست بوون.

## شێنێ- بێدەلان (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ هێرشی هێنابووە سەر هەردوو گوندی شێنێ و بێدەلان لە ناوچەی قەڵادزێ. پاش دوو سەعات شەڕ، دوژمن بە شکاوی گەڕایەوە. لە هێزەکەی دوژمن ٣ سەرباز کوژران و ٥یش بریندار بوون.

## شیوەشان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە ناوچەی دەشتی کۆیە. شەڕەکە بەیەکێ لەگەورەترین شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٨ی دەشتی کۆیە دادەنـدرێ. پێش شـەڕەکە بە مـاوەی یـەك هەفتە، هێزێکی تێکەڵەی پێشمەرگە کە لە هێزێکی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی سەعدی عەزیزی فەرماندەی هەرێمەکەو هێزێکی هەرێمی خۆشناوەتی بە فەرماندەیی سەید کاکە و هێزێکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە سەرکردایەتیی مەلا بەختیار و شاخەوان عەباس بە ناوچەکەدا دەگەڕاو هەواڵی ئەوەی پێ گەیی بوو کە هێزەکانی عیراق چاودێریی جموجوڵی دەکـەنو خۆیان بۆ هێرش کردنە سەری ئامادە کردووە.

لە٢ی شوباتی ١٩٧٨دا کاتێك هێزەکە لەگوندی شیوەشان بوو، هێزەکە ئەو هەواڵەی پێ گەیی کە هێزەکانی عیراق بەرەو گوندەکە دێن. لەم سەروبەندەدا هێزی پێشمەرگە لەچیا سەنگەری لێدا. هێزی پێشمەرگە بەسەر چوار قۆڵدا دابەش بوو. لە قۆڵی یەکەمدا هێزەکانی سەعدی عەزیز و سەید کاکە و محەمەد عەجەم لەو بەرزاییانە دامەزران کەدەڕواننە سەر دۆڵی خەلەکان. لە قۆڵی دووەمـدا هێزێك بە فەرماندەیی مەلا بەختیار و قادر عەزیز و شاخەوان عەباس لە قوباد بەگی دامـەزرا کە دەڕوانێتە سەر گوندی شیوەشان. لە قۆڵی سێیەمدا لەبەری رۆژئاوادا هێزێك بە فەرماندەیی قادر مستەفا دامـەزرا و لە قۆڵی چوارەمدا کە کەوتۆتە پشتی قوباد بەگی، خوار ئەو شوێنەی کە پێشمەرگەکانی قۆڵی یەکەمی لێ دامـەزرا بون، هێزێك بە فەرماندەیی جەواد بێدەری و چەتۆ کەریمە سور دامـەزرا.

سەعات ١١ شەڕ دامـەزرا. هێزەکانی عیراق لە شیوەشان و دۆڵی خەلەکانەوە هێرشیان کرد، دوو هەلیکۆپتەری جەنگیش سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بە دۆشکا بۆردومان دەکرد. پێشمەرگە بە ئارپیچی بەرپەرچی هەلیکۆپتەرەکانی دایـەوە. زۆری نەبرد هـەردوو هەلیکۆپتەرەکە دور لە مەیدانی شـەڕ، لە دەشتەکە نیشتنەوەو چیتر نەگەڕانەوە بۆ مەیدانی شەڕەکە. پێدەچوو پێکرا بن و زیانیان بەر کەوتبێ. شـەڕ تا ئـێـوارە درێـژەی کێشا. هێزی پێشمەرگە لە تاریکیدا کشایەوە بـەڵام لەبەر فراوانیی بەرەی شەڕەکەو دوریی قۆڵەکان لە یەکتری ئەو دەرفەتە بۆ هێزەکە نەرەخسا کە هەموی پێکەوە بکشێتەوە، بەڵکو هێزی هەر قۆڵێك بەجیا کشایەوەو ئەمە بووە هۆی دابڕانی هەندێ پێشمەرگە کە دواتر پەیوەندییان بەهێزەکە کردەوە. بە شێوەیەکی گشتی، هێزە کشاوەکان بەشێکیان لـەگـونـدی نـاسـراغـاو بـەشـەکـەی تریان لەگوندی پیبازۆك گرد بـونـەوە. ئێـوارەی رۆژی پاشتر، هەموو هێزەکان لە یەك شوێن یەکیان گرتەوە.

شەڕەکە کوژران و بریندار بونی ١٥ سەربازی لێ کەوتەوە. پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو.

بەشێکی بەشداربووانی شەڕەکە: سەعدی عەزیز، سەید کاکە، مەلا بەختیار، محەمەد عەجەم، جەواد بێدەری، شاخەوان عەباس، چەتۆ کەریمە سور، قادر مستەفا، قادر عەزیز، کاوە مەخموری، ئەحمەد کوردە، حسێن دۆشکا، عادل شوکر، سامان گەرمیانی، سامی قادر، عەلی ساڵح سێگرتکانی.

## شیوەکەل (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ و کۆمەڵێك سەربازی سوپای عیراق لەبنکەی پۆلیسی شیوەکەل لە چوارتا لە ٧ی نیسانی ١٩٧٩. پێشمەرگەکان هێرشیان کردە سەر ئەو بنکەیەی پۆلیس کە شەوانە سەربازەکان دەیانکردە سەنگەر و گوللەبارانیان کرد. لە ئاکامی هێرشەکەدا ٥ سەرباز کوژران و ٤ سەربازی دیکەش بریندار بون.

## شیوەلوک (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە نێوان شیوەلوك و گورون لە ناوچەی چۆمان لە ٧ی ئابی ١٩٧٧دا کە تێیدا یانزە سەرباز کوژران. لە هێزی پێشمەرگەش، فەرماندەی کەرت مەحمود سەیدە (خەڵکی شیوەلوك) شەهید بوو.

# ع

## عادل شوکر ئەحمەد



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندەی تیپ. ناسراو بە ڕزگار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی کوڵەجۆی ناوچەی کفری. ساڵی ١٩٧١ خوێندنی سەرەتایی لە کەلار تەواو کردووەو هەر ئەو ساڵە بۆ چۆتە بەغدا بۆ خوێندن لە خوێندنگەی ئەهلیی فەیلیی ئێواران.

لە بەغدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی لقی ٥ی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ کۆتایی هاتنی قۆناغی ئاگربڕو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بەغدای بەجێ هێشت، روی کردە سلێمانیو لە پەلی ٣ی بەتالیۆنی زمناکۆ بووە پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لەچەند شەڕێکی گەورە لەوانە شەڕەکانی سەرتیز، عومەر ئاغاو زمناکۆ.

لە ساڵی ١٩٧٥دا لەگەڵ هەرەس هێنانی شۆڕشدا ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لە کامپی ئاوارەکانی سەرا و نیلوفەر ژیانی بەسەر برد. هەر ئەو ساڵە ئێران کامپی ئاوارەکانی هەڵوەشاندەوەو ئاوارەکانی بەپێی پلانێکی ناوەندی بەسەر شارەکاندا دابەش کرد. بەم پێیە، ئەو لەگەڵ ٢٥ ئاوارەی دیکەدا لە شاری تەورێز نیشتەجێ کرا. لەوێ چووە خولێکی فێرکاریی کارەباییو دوای ئەوەی پاش چوار مانگ خولەکەی تەواو کرد، بە چاودێر لە کارگەیەکی خواردنەوە گازییەکان دامەزرا.

ژیانی لە تاراوگەو دوریی لە نیشتمان، نەبونە مایەی دابڕانی لە سیاسەت. هەر لەو ماوەیەدا هەواڵی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەوڵەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری پێ گەیشت. لە ساڵی ١٩٧٦دا ئەو و هەر یەك لە سامان گەرمیانی و فەرحان بادینیو داوود محەمەد عەلی بڕیاریاندا ئێران بەجێ بێڵنو بچن بۆ سوریا بۆ بەشداری کردن لە هەوڵەکانی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشێکی نوێ لە کوردستان. هەر چواریان بەدزییەوە تەورێزیان بەجێ هێشت و چونە شاری ورمێ و لەوێوە بەهاوکاریی چەند دۆستێك لە سنوری ئێران- تورکیا پەڕینەوەو چونە ناوچەی گەڤەر. لەوێوە گەیەنرانە جزرەی بۆتان و لە١٤ی نیساندا لە سنوری تورکیا- سوریا پەڕینەوەو خۆیان گەیاندە شارۆچکەی دێرکو لەوێ پەیوەندییان بە بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد.

لە نیسانی ١٩٧٧دا بەشداریی لە خولێکی شەڕی پارتیزانیدا کرد کە ڕێکخراوی ئازادیبەخشی گەلی فەلەستین بەسەرکردایەتیی جۆرج حەبەش بۆ پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی

ئامادە کردبوو. لە پایزی ئەو ساڵەدا بە هاوکاریی کوردی تورکیا لەگەڵ گروپێك پێشمەرگەی مەشق پێکراودا، بە ناو خاکی تورکیا، گەیەنرایە ناوچەی برادۆست کە بارەگایەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو. لەوێ خالید سەعید و عەلی عەسکەریو قادر خەبات پێشوازییان لێ کردن.

لە برادۆست بووە پێشمەرگە لە مەفرەزەکەی مەلا بەختیاردا و لەگەڵ ئەودا بۆ ناوچەکانی دەشتی هەولێرو دەشتی کۆیەو قەرەداغ و شارباژێرو دۆڵی جافەتی دابەزی. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا کرایە بەرپرسی پاسەوانەکانی تاڵەبانی لە ناوزەنگ. ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی فەرماندەی کەرتی لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ پێ سپێردرا.

لە ساڵی ١٩٨٣دا کرایە فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان. لە ساڵی ١٩٨٥دا تیپەکە لەبەر زۆریی ژمارەی پێشمەرگەکانی، تیپی ٥٣ی شێروانەی لێ پێکهێنرا و هەر خۆیشی کرایە فەرماندەی تیپە تازەکە. لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ جاری دووەم لێپرسراوەتیی تیپی ٥١ی گەرمیانی گرتەوە ئەستۆ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕی شیوەشان لە دەشتی کۆیە (١٩٧٨)، شەڕی بانی خێڵان (١٩٧٩)، ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج (١٩٨٥)، شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری (١٩٨٧) و بەشێکی زۆری شەڕەکانی قەرەداغو گەرمیان.

لە ساڵی ١٩٨٨دا لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەگوندی کانی دینار لەسەر سنوری عیراق- ئێران گیرسایەوە. لە ساڵی ١٩٩٠دا لێپرسراوەتیی مەفرەزەیەکی پارتیزانی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩١ بەشدارییەکی کارای لە ڕاپەڕیندا کردو سەرپەرشتیی قۆڵی کفریو قەرەتەپەی کرد. لە ساڵی ١٩٩٢دا کرایە بەرپرسی هێزی یەکی خانەقینو ساڵی دواتر بووە فەرماندەی لەشکر لەگەرمیان.

ساڵی ١٩٩٧ لێپرسراوەتیی جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوکی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٣ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی گەرمیان.

ساڵی ٢٠٠٨ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بەشدار بوو لە پێکهێنانی بزوتنەوەی گۆڕان. ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* گەرمیان (تیپ).

## عادل عەلی سەلام



نوسەر و کادیری ڕێکخستن. بە ڕەچەڵەك پێنجوێنییەو بنەماڵەکەی لە ساڵی ١٩٦٢ لە سۆنگەی هەلومەرجی سەرهەڵدانی شۆڕشەوە پێنجوێنی بەجێ هێشتووەو لە شاری کەرکوك گیرساوەتەوە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٠ی شاری کەرکوك. دوای بە ئاکام گەیشتنی وتوویژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عیراق و ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠و دەستپێکردنی قۆناغی ئاشتی، بنەماڵەکەی لە ساڵی ١٩٧٣ گەڕاوەتەوە بۆ پێنجوێن.

ساڵی ١٩٧٦ لە پێنجوێن خرایە بەر خوێندن. ساڵی ١٩٨١ لە سۆنگەی شەڕی عیراق - ئێرانەوە




که به هۆیەوە ناوچەی پێنجوێن بوە مەیدانێکی گەرمو گوڕی شەڕ، ناوچەکە ژیانی تێدا نەما و دانیشتوانەکەی چۆڵیان کرد. بۆیە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە شاری سلێمانی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە پۆلی بەرزنجەی کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن رێك خرا. لە ماوەیەکی کورتدا بووە لێپرسراوی شانەو دواتر بوە ئەندامی شانەی سەرەکی. ساڵی ١٩٨٥ لە سۆنگەی جیاوازیی بیروباوەڕەوەو بەهۆی داشکاندنی بەلای پێویستیی رادیکالیزمێکی زۆرتردا، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی وازیان لەکۆمەڵە هێناو لەگەڵ چەند گروپێکی رادیکالتردا پەیوەندییان دروست کرد.

ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ چەند هاورێیەکی گروپێکی بە ناوی خەتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ پێکهێناو لە ساڵی دواتردا گروپەکە لەگەڵ ڕێکخراوی «رەوتی کۆمۆنیست» یەکی گرتەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠دا خۆیو هاوسەرەکەیو برایەکی لە شاڵاوێکی دەزگا ئەمنییەکاندا لە دژی ڕێکخراوەکەیان، لە سلێمانی دەستگیر کران بەڵام بەر لەوەی بدرێن بە دادگا، لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دا لە سۆنگەی شکاندنی زیندان و گرتوخانەکانەوە ئازاد کران.

هەر ئەو ساڵە ریزەکانی رێکخراوی رەوتی کۆمۆنیستی بەجێ هێشت و لەگەڵ چەند هاورێیەکی پەیوەندیی بە بزوتنەوەی شوراکانەوە کرد. لە ساڵی ١٩٩٣دا خۆیو چەند هاوڕێیەکی بە پیر بانگەوازەکەی تاڵەبانییەوە چون سەبارەت یەکگرتنەوەی هێزە چەپو دیموکراسیخوازەکانو پەیوەندییان بە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٩٤ کرایە ئەندامی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك و لە کۆتایی هەمان ساڵدا لێپرسراوەتیی بەشی رێکخراوە دیموکراتییەکانی دەڤەری چەمچەماڵی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٦ بۆ بەشی ڕێکخستن گوێزرایەوەو هەر ئەو ساڵە، دوا بەدوای روداوەکانی ٣١ی ئاب، بەشداریی لە ئۆپەراسیونی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەدا کرد کە زۆربەی هەرە زۆری ناوچە لەدەستدراوەکانی لەهێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە. دواتر، لە بەشی راگەیاندن کاری کرد و لە تەکیە لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی رادیۆی کەرکوکی پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٩٨دا لەگۆڤاری «حەمرین» بووە سکرتێری نوسین. ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی فیکریو سیاسی بوو، مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوك دەری دەکرد. لە ساڵی ١٩٩٩دا بووە


سەرنوسەری ڕۆژنامەی «روناکی» کە مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك لە دەربەندیخان دەری دەکرد.

ساڵی ٢٠٠١ لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی کۆمیتەی ئاوارەکانی کەرکوکی لە سلێمانی گرتە ئەستۆو لەم ڕێگەیەوە خزمەتێکی گەورەی ئاوارەکانی کرد. ساڵی ٢٠٠٣ دوا بەدوای روخانی رژێمی بەعس، بۆ ماوەی پێنج مانگ لە ناوچەکانی چەمچەماڵو سەنگاو و شێخ بزێنی ئەرکی چاودێریو بەدواداچونی کاروباری ڕێکخستنەکانی پێ سپێردرا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤دا بە پلەی راوێژکار لە وەزارەتی ناوخۆ دامەزرا و لەم روەوە سەرپەرشتیی بەشی راگەیاندنو پەیوەندییەکانی کرد. ساڵی ٢٠٠٥ وێڕای کارکردنی لە وەزارەتی ناوخۆ، کرایە ئەندامی مەکتەبی بیرو هۆشیاری. کارکردنی لەوەزارەتی ناوخۆ تا ساڵی ٢٠٠٨ درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا وەك سەرنوسەر نزیکەی ١٣٠ ژمارەی لە «هەفتەنامەی ناوخۆ» دەرکردو ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دامەزراندنی ئاژانسی ناوخۆدا گێڕا. ساڵی ٢٠١٠ لێپرسراوەتیی راگەیاندنو پەیوەندییەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیرانی پێ سپێردرا.

## عادل موراد




ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند لە ساڵانی ٢٠١١ - ٢٠١٨. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩ی شاری بەغدا. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر کوردە فەیلییەکان. خوێندنی سەرەتایی




لە خوێندنگەی کوردانی فەیلی و هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردووە.

سەرەڕای دووریی لە کوردستان، ژیانی سیاسیی لەپێناوی کوردایەتیدا زوو دەستی پێکردووە، کاتێك لە ساڵی ١٩٦٥ لە بەغدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی کیمیای کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیرا و لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی بەشێکی ڕێکخستنەکانی بەغدای کرد. ساڵی ١٩٦٩ بەشێکی ڕێکخستنەکان ئاشکرا بوون، بۆیە ناچار بوو واز لەخوێندن بێنێ و روو بکاتە شاخ و ببێ بە پێشمەرگە.

لە پێشمەرگایەتیدا بووە ئەندامی ناوچەی پارتی




لە ناوچەی باڵەك و لە هەمان کاتدا لەبەر کەمیی مامۆستای گوندەکان، لە خوێندنگەی یەکێ لەگوندەکان مامۆستایەتیی کرد.

پاش راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، لە کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە سکرتێر هەڵبژێردرا. بەپێی خاڵەکانی بەیاننامەکەش کە دەبوو جێگری لێپرسراوی رێکخراوە پیشەییەکانی عیراق کورد بێ، بووە جێگری سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی خوێندکارانی عیراق. هەر لەو ماوەیەشدا گەڕایەوە بۆ بەغدا و خوێندنی زانکۆی تەواو کرد. لە بەغدا جگە لەوەی کە خەریکی ئیشوکاری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی خوێندکارانی عیراق و سەرقاڵی خوێندن بوو لە زانکۆ، ئەندامی لقی ٥ی بەغدای پارتیش بوو. بە هۆی فشاری رژێمی بەعسەوە، بەر لەوەی شەڕ لە نێوان کوردو ئەو رژێمە لە ساڵی ١٩٧٤ دەست پێ بکاتەوە، بەغدای بەجێ هێشت و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش گیرسایەوە. دوا بە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لە شاری نەغەدە گیرسایەوە، پاشان ئێرانی بەجێ هێشت و چوو بۆ سوریا. لەوێ پەیوەندیی بە تاڵەبانییەوە کرد، پشتیوانیی لە هەردوو پرۆژەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار کردو بەشدار بوو لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

هەر دوا بە دوای ئەمە، ئەرکی رێکخستنی پێ سپێردرا و لەم سەروبەندەدا سەردانی ئەوروپای کرد بۆ دروست کردنی رێکخستن بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. یەکەم وڵات کە سەردانی کرد، هۆڵاند بوو. لەوێ یەکەم شانەی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دروست کرد کە لە عەلی ئیحسان، زاهیر حەمەد، دکتۆر فوئاد حسێن، دکتۆر چیا عەباس ساحبقران، دکتۆر جەمیل شەرەف و چەند گەنجێکی تر پێکهاتبوو. لەوێوە چوو بۆ بولگاریا و لەوێ رێکخراوێکی بۆ یەکێتیی نیشتمانی لە خوێندکارە کوردەکان لەوانە دکتۆر سەردار رەزا، شێرکۆ هەمزە، دکتۆر تالیب رەشید کاکە و دکتۆر جەمال رەشید پێکهێنا. دواتریش بۆ هەمان مەبەست سەردانی چەند وڵاتێکی تری کرد. بەم کارە، توانی بناغەیەکی پتەو بۆ رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دابنێ. پاش گەڕانەوەی بۆ سوریا، لەگەڵ ئەندامەکانی تری دەستەی دامەزرێنەر، سەرقاڵی دابین کردنی پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بوو لە کوردستان و لەم رووەوە لێپرسراوەتیی ئەرکە لۆجستیکییەکان

و ناردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بۆ ناو وڵات گرتە ئەستۆ، سەرباری سەرقاڵبونی بە پەیوەندییە دەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی سوریا و کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و فەلەستینییەکان و ڕێکخراوە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی لوبنان.

ساڵی ١٩٧٨ لە سەروبەندی شۆڕشی ئێراندا و لە کاتێکدا کە ئایەتوڵڵا خومەینی لە شارۆچکەی نووفل لوو چاتوو لە فەرەنسا جێگیر ببوو و لەوێوە کاروباری شۆڕشی بەڕێوە دەبرد، ئەو یەکێ لە ئەندامانی ئەو شاندەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو کە لە ٤ ی تشرینی یەکەمدا سەردانی ئایەتوڵڵا خومەینیی کرد، هەر ئەویش بوو کە لە بەیروتەوە هەموو پێداویستییەکانی سەردانەکەی ساز کردبوو، پەیوەندیی بە خەلیل وەزیری کەسی دووەمی ڕێکخراوی ڕزگاریی فەلەستینەوە کردبوو و لە ڕێگای ئەوەوە پەیوەندیی لەگەڵ حەسەن روحانیی نوێنەری ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزراند بوو و بۆ ڕێکخستنی سەردانەکە هەماهەنگیی لەگەڵدا کردبوو.

لە کانونی دووەمی ١٩٧٩دا گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە ناوزەنگ گیرسایەوە. لە سەروبەندی جیابونەوەی باڵی ڕەسول مامەندی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەڵوێستێکی میانڕەوی نیشاندا. بەڵام لەو ماوەیەدا هەندێ کێشەی لەگەڵ سەرکردەکانی تر بۆ دروست بوو، بەتایبەتی لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، بۆیە وازی لە یەکێتیی نیشتمانی هێنا و گەڕایەوە بۆ سوریا، پاشان لە لوبنان لە ڕۆژنامەی «سەفیر» وەك ڕۆژنامەنوس کاری کرد.

هەر لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو لە ئابی ١٩٧٩ بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. هەروەها لە ساڵی ١٩٨١دا بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا کردو لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا زۆرترین دەنگی هێنا، لە کۆی ١١٤ دەنگ ٩٨ دەنگی بەدەست هێنا. بەم ئەنجامە، سێ دەنگ زیاتری لە ڕەسول مامەند هێنا.

ساڵی ١٩٩٤ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو پلەی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پێ درا، لە هەولێر لێپرسراوەتیی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی یەکێتیی پێ سپێردرا و تا ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو. لەو ساڵەدا وەك لێپرسراوی پەیوەندییەکان لە سوریا گیرسایەوە. لەکانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بەشدار بوو لەو هەوڵانەی کە لەو ماوەیەدا بۆ روخاندنی ڕژێمی بەعس دەدران. لەگەڵ روخانی ڕژێمی بەعسدا، چوو بۆ بەغداو ئەرکی پەیوەندیی دبلۆماتکارانەی گرتە ئەستۆو ماوەیەکیش لە ئەنجومەنی حوکم نوێنەری تاڵەبانی بوو.

ساڵی ٢٠٠٤ بووە باڵیۆزی عیراق لە ڕۆمانیا. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵنەبژارد. ساڵی ٢٠١١ بە سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

لەو ماوەیەدا کە ئەو تێیدا سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند بووە، بەشداریی ئەنجومەن لە دروستکردنی بڕیار لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پەرەی سەندووە و ئەنجومەن کاراتر و چالاکتر ئەرکەکانی بەجێ هێناوە و بە شێوەیەکی سیستماتیکتر بەڕێوە چووە.

عادل موراد یاداشتەکانی خۆی نەنوسیوە، بەڵام زۆر جار لە یادی ساڵانەی دامەزراندنی یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستاندا لە ڕەوتی گێڕانەوەکانی ناو سەرگوزشتەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، باسی هەندێ لە بیرەوەرییە سیاسییەکانی خۆی کردووە. گێڕانەوەکانی لەم بارەیەوە بایەخێکی شایستەیان هەیە، لەوانە، کە گرنگترینیانە، نامیلکەی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: لە تولەیتەلەوە بۆ ناوزەنگ» کە ساڵی ٢٠١٦ ڕۆژنامەنووس خەڵەف غەفور دەریکردووە و تێیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ چوار ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر ئەنجام داوە، لەوانە عادل موراد.

دوایین ساڵانی تەمەنی بە هۆی نەخۆشییەوە بە سەختی بەسەر برد. لە ١٨ی ئایاری ٢٠١٨دا پاش ململانێیەکی سەخت و درێژخایەن لەگەڵ نەخۆشیدا، لە شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا، ماڵئاوایی لە دنیا کرد. لە ٢٠ی ئایاردا مەکتەبی سیاسی لیژنەیەکی بە سەرپەرشتیی قادر عەزیز بۆ مشورخواردنی ڕێ و ڕەسمی هێنانەوەو ناشتنی تەرمەکەی پێکهێنا. لە ٢٤ی ئایاردا تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ بەغدا و ڕۆژی دواتر گەیەنرایە سلێمانی. لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بە ڕێ و ڕەسمێکی شکۆدار پێشوازی لە تەرمەکەی کرا کە سەرۆکی کۆماری عیراق دکتۆر فوئاد مەعسوم بەشداریی تێدا کرد. لەوێوە بۆ گۆڕستانی سەلیم بەگ بەڕێ کرا و لەوێ بە خاك سپێردرا.

سەربوردەی ژیانی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەك یەکێ لە سەرکردەکانی لایەنگری چاکسازی و نوێکردنەوەو یەکێ لە دیارترین سیمبولەکانی دەستپاکی نیشانی دەدا. مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا بە بۆنەی کۆچی دواییەوە، وەك سەرکردەیەکی ماندوو نەناس باسی کردو وای دەربڕی کە بە لەدەستدانی «زیانێکی گەورە بە گەلی کوردو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوت و کەلێنێکی لە ریزەکانی یەکێتی بەجێ هێشت».

لە ١٦ی ئایاری ٢٠١٩ دا ئەنجومەنی ناوەند ئێوارە کۆڕێکی بۆ ڕێزلێنان لە خەباتی زیاتر لە نیو سەدەی عادل موراد لە هۆڵی ڕۆشنبیریی شاری سلێمانی ڕێکخست کە تێیدا دوو فلیمی دیکۆمێنتار لەسەر ژیان و خەباتی نمایش کران. هەروەها ڕۆژنامەنوس محەمەد شێخ عوسمان کتێبێکی بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی «عادل موراد: تێکۆشەری سەرکەش» لە کۆڕەکە بڵاوکردەوە کە ژمارەیەك چاوپێکەوتن، نامە، کۆمێنت، وتارو لێدوانی ئەوی لە خۆ گرتووە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

*ئیتتیحاد (ڕۆژنامە).

## پاشکۆ

## ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی عادل مورادەوە

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ عادل موراد ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕادەگەیەنێت.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

ئەندام و کادیرو هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی

دوایـی هـەڤاڵ عـادل مـوراد ئـەندامـی دەسـتـەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند رادەگەیەنین، کە بەیانیی ئـەمـڕۆ هەینی ١٨ی ئـایـاری ٢٠١٨ کاتژمێر ١٠,١٥ بە کاتی کوردستان، لە شاری کۆڵنی وڵاتی ئەڵمانیا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشییەکەی کۆچی دوایی کرد.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشی لە خۆمان و کەسوکار و خانەوادە و هاوڕێ و هاوسەنگەران و جەماوەری یەکێتی و کۆمەڵانی خەڵك دەکەین.

هەڤاڵ عادل موراد لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری بەغدا لەدایك بووە. خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت بووە، هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان لە ناو دڵ و دەرونیدا چەکەرەی کـردووە، ژیانی سیاسیی لە پێناوی کوردایەتیدا زوو دەستی پێ کردووە و لە ساڵی ١٩٦٥ لە بەغدا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە.

لە ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی کیمیای کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیراو لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی بەشێکی رێکخستنەکانی بەغدای کـردوە، لە ساڵی ١٩٦٩ بەشێکی رێکخستنەکان ئاشکرا بوون، هەر بۆیە ناچار بوو واز لە خوێندن بێنێ و روو بکاتە شاخ و ببێ بە پێشمەرگە. لە پێشمەرگایەتیدا بووە ئەندامی ناوچەی پارتی لە ناوچەی باڵەك و لە هەمان کاتدا لە بەر کەمیی مامۆستای گوندەکان، لە خوێندنگەی گوندی گەڵاڵە مامۆستای شۆڕش بووە.

پـاش راگـەیـانـدنـی بـەیـانـنـامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠، لە گۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە سکرتێر هەڵبژێردرا و بووە جێگری لێپرساوی رێکخراوە پیشەییەکانی عـیـراق، بە هۆی فشاری رژێمی بەعسەوە بەر لەوەی شەڕ لە نێوان کوردو ئەو رژێمە لە ساڵی ١٩٧٤ دەست پێ بکاتەوە، بەغدای بەجێ هێشت و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش گیرسایەوە، لە نسکۆی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبێت و پاشان روو لە وڵاتی سوریا دەکات و لەوێ پەیوەندی لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال دەبەستێت و بەشدار دەبێت لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە حوزەیرانی ١٩٧٥.

دوا بە دوای ئـەوە لێپرساوێتیی رێکخستنی نـاوەوەی وڵاتـی پـێ سـپـێـردراوە، دواتـریـش بۆ دروسـتـکـردنـی رێکخستنەکانی دەرەوە، رووی لە وڵاتانی ئەوروپا کرد و توانی بناغەیەك بۆ رێکخستنەکانی یەکێتی لـەو وڵاتـانـە دابـنـێ. پـاش گـەڕانـەوەی بۆ سوریا لەگەڵ ئەندامانی تری دەستەی دامەزرێنەر سەرقاڵی دابینکردنی پێداویـسـتـیـیـەکـانی دەسـتـپـێـکـردنـەوەی خەباتی چـەکـداری بـوو لـە کـوردسـتـان و لـەم رووەوە لێپرساوێتیی ئـەرکە لۆجستییەکان و نـاردنـی مەفرەزە سەرەتاییەکانی بۆ نـاوەوەی وڵات گرتە ئەستۆ.

لە مانگی کانوونی دووەمـی ١٩٧٩ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بارەگاکەی بردە خڕی ناوزەنگ. لە مانگی شوباتدا رووی کردەوە سوریا و پاشان لە لوبنان لە رۆژنامەی «سەفیر» وەك رۆژنامەنوس کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کـردوە و لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو حزبـەدا بـە ئـەنـدامـی کۆمیتەی سـەرکـردایـەتـی هەڵبژێردرا. لە ساڵی ١٩٩٤ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کـردەوەو پلەی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پێ درا، بووە لێپرساوی

مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی یەکێتی و تا ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر ئەم ئەرکە بەردەوام بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشدار بوو لەو هەوڵانەی کە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس دەدران. لەگەڵ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسدا چوو بۆ بەغدا و ئەرکی پەیوەندی و دیپلۆماتکارانەی گرتە ئەستۆ و ماوەیەکیش لە ئەنجومەنی حوکم نوێنەری سەرۆك تاڵەبانی بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٤ بووە باڵوێزی عیراق لە ڕۆمانیا.

لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئامانجی هاتنە پێشەوەی خوێنی تازە، خۆی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی نەپاڵاوتەوە. لەو کۆنگرەیەدا هەڤاڵ مام جەلال خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشی.

لە ڕۆژی ٣ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ لەسەر داوای سەرۆك مام جەلال و بە زۆرینەی دەنگ لە کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجومەنی ناوەند بە سکرتێری ئەنجومەن هەڵبژێردرا.

بە داخەوە بەیانیی ئەمڕۆ هەینی کاتژمێر ١٠:١٥ لە ئەڵمانیا دوای ململانێ لەگەڵ نەخۆشییەکەی، دڵە گەورەو پاك و پڕ لە ئاواتەکەی بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەی و پێشەنگ بوونی حزبەکەی لە لێدان کەوت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ کردین. بە لەدەستدانی ئەم سەرکردە ماندونەناسە زیانێکی گەورە بە گەلی کورد و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوت و کەلێنێکی لە ڕیزەکانی یەکێتی بەجێ هێشت.

هەزاران سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی هەڤاڵی سەرکردە عادل موراد و سەرجەم خەباتگێڕان و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادیی کورد و کوردستان.

مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٢٠١٨/٥/١٨

## عارف روشدی عارف



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ی زاخۆ. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی لە زاخۆو خوێندنی ئەکادیمیی لە پەیمانگای باڵای پیشە تەندروستییەکان لە بەغدا تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٩ چووە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو لەو ماوەیەی کە خوێندکار بوو لە پەیمانگای باڵای پیشە تەندروستییەکان، بەرپرسیارێتیی لیژنەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی پەیمانگاکەی گرتە ئەستۆ. بەشداریی لە چالاکییەکانی یەکێتیی قوتابیاندا کرد لەوانە هەڵمەتی هۆشیاریی نەتەوەیی ساڵی ١٩٧١ لە دەڤەری شنگال، هەروەك ئەندامی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتیی قوتابیانیش بوو کە ساڵی ١٩٧١ لە سلێمانی بەسترا.

ساڵی ١٩٧٤ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش گیرسایەوەو پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بوو. دواتر لە ١٢ی تشرینی یەکەمدا لەخاڵی سەر سنوری مونزریە لەخانەقین لەگەڵ سەدان کەس گەڕایەوە بۆ عیراق و هەر لەو خاڵی سەر سنورەوە گوێزرایەوە بۆ دیوانیە لە باشووری عیراق و لەوێ ژیانی دورخراوەیی دەست پێکرد.

لە دیوانیە لەڕێگەی حەسەن ئەنوەر حەسەن مەخمورییەوە، ناسراو بە کاوە، پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد و دوا بە دوای ئەمە، یەکەم شانەی کۆمەڵەی لە دیوانیە دروست کرد کە لە پێنج کەس پێکهاتبوو. ساڵی ١٩٨٢ ژیانی دورخراوەیی کۆتایی

هات و گوێزرایەوە بۆ هەولێرو لە نەخۆشخانەی قوشتەپە دامـەزرا. هەر لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنی هەولێری کۆمەڵەوە کردو بەشداریشی لە کۆکردنەوەی جلوبەرگی زستانە بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی ٣ی هەولێر کرد. بۆ ساڵی دواتر، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخستنی هەولێردا، بەشداریی لە هاوکاری کردنی بارزانییە ئاوارەکانی ئۆردوگای زۆرەملێی قوشتەپە کرد، پاش ئەو ڕەشبگیرییەی کە حکومەتی عیراق لە دژی بارزانییەکان دەستی پێکردبوو.

ساڵی ١٩٨٤ گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەی ڕەواندزو پاشان بۆ دهۆك. هەر لەو ساڵەدا بەشداریی لەکۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەدا کرد لەمێرگەپان و پاش کۆنفرەنسەکە لێپرساوەتیی ڕێکخراوی بادینانی پێ سپێردرا.

لە کاتی ئەنفالی بادیناندا لە ساڵی ١٩٨٨، توانی کۆمەك و هاوکاری بگەیەنێتە خێزانە دورخراوەکانی دەڤەری بادینان لە ئۆردوگاکانی بەحرکەو گردەچاڵ.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و هەر ئەو ساڵە کرا بە لێپرساوی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان و لە ماوەی ١٩٩٣- ١٩٩٤ لێپرساوی مەڵبەندی ٧ی ئاکرێ بوو. ساڵی ١٩٩٥ بۆ ماوەیەك ئەرکی بەڕێوەبردنی پەیمانگای پێگەیاندنی کادیرانی لە هەولێر پێ سپێردرا و بۆ ساڵی دواتر کرایە بەرپرسی ئۆفیسی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی هەولێرو بادینان.


پاش ئەوەی کە بە هۆی شەڕی ناوخۆوە بارەگای مەڵبەندی بادینان گوێزرایەوە بۆ سلێمانی، لە ساڵانی ١٩٩٦- ١٩٩٧ کرایە لێپرساوی ئەو مەڵبەندە. لە مـاوەی ١٩٩٩- ٢٠٠١ کرایە جێگری لێپرساوی مەکتەبی ڕاگەیاندن و بەرپرسی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.

پاش هەڵبژاردنی بۆ جاری دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتی لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لە ساڵی ٢٠٠١، لە مـاوەی ٢٠٠٢- ٢٠٠٤ کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن. لـە مـاوەی ٢٠٠٤- ٢٠٠٦ بەرپرسی مەڵبەندی ٨ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین بوو لە ڕانیە. ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی مێژووی لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بەدەستهێنا. پاشان وەك ئەندامی مەکتەب گەڕایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن. دوای ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و کرایە بەرپرسی بۆردی ناوەندی پێگەیاندنی کادیـران لە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران. ساڵی ٢٠١٣ لێپرساوەتیی مەڵبەندی ڕێکخستنی موسڵی پێ سپێردرا بەڵام بە هۆی هەندێک کێشەوە کە لە سنوری مەڵبەندەکە ڕویاندا، لێپرساوێتییەکەی لێ سەنرایەوە. لە نیسانی ٢٠١٤دا و لە کاتی بەڕێوەچوونی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستاندا، وازی لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هێناو پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. لەوێ کرایە ڕاوێژکار لە بارەگای مەکتەبی سیاسی.

## عارف کەریم



تێکۆشەری دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤ی گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی. خوێندنی تا قۆناغی ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٥٨




پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٤، کاتێك خوێندکاری زانکۆی موسڵ بوو، لە قەیرانی کەرتبوونی پارتیدا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. هەر ئەو ساڵە کە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو لە زانکۆی موسڵ، بە چەردەیەك بەڵگەوە لە کەرکوك گیرا و لە بارەگای ئاسایش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دراو دواتر برایە گرتوخانەی موسڵ و لەوێ بە کەفالەت ئازاد کرا. بەڵام کەیسەکەی رادەستی دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە کەرکوك کرا.

لە ماوەی ١٩٦٤- ١٩٦٧ لەبەر نەچوونی بۆ بەردەمی دادگا، هەم خوێندنی زانکۆی لەدەست چوو بوو هەم فەرمانی گرتنیشی هەبوو. ساڵی ١٩٦٧ حیلمی عەلی شەریف ئەندامی سەرکردایەتیی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی، توانی لێبوردنێکی تایبەتی لە سەرۆکی کۆماری عیراق بۆ وەرگرێ و بەهۆی ئەمەوە ژیانی ئاسایی بۆوە. هەر ئەو ساڵە لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە سلێمانی دەستی بە خوێندن کردووە. لە ماوەی ١٩٦٩- ١٩٧٥ کارمەند بوو لە زانکۆی سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٥ فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو، یەکسەر چوو بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ روتبە. لەبەر ئەوەی هێشتا ناوی نەخرابووە لیستی کەسانی سەفەر لێقەدەغەکراوەوە، دەربازی بوو و بە شێوەیەکی یاسایی لە سنور بەرەو ئوردون پەڕییەوەو لەوێوە چوو بۆ سوریاو پەیوەندیی بە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٦ لێپرساوەتیی چاپکردنی رۆژنامەی رێبازی نوێی پێ سپێردرا و بۆ ئەم مەبەستە چوو بۆ بەیروت و بابەتەکانی لەگەڵ خۆیدا برد. لەوێ لە چاپخانەیەکدا لە ڕۆژهەڵاتی بەیروت سەرپەرشتیی چاپکردنی ژمارە ١ی رۆژنامەی رێبازی نوێی کردو پاشان لە دیمەشق رادەستی دەستەی دامەزرێنەری کرد.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ سوریای بەجێ هێشت و بۆ کاسبی و کارکردن، لە ئیمارات گیرسایەوە. پاش چوار ساڵ ئیماراتی بەجێ هێشت و چوو بۆ سوید، لەوێ مافی پەنابەریی وەرگرت. ساڵی ٢٠٠٥ گەڕایەوە بۆ کوردستان.

دیارترین بەرهەمەکانی «کۆمەڵە و یەکێتی: کورتە باسێکی مێژوویی» (٢٠٠٨).

## عوسمان بانی مارانی



پەرلەمانتار و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی عوسمان قادر عەبدوڵڵا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی ئیلنجاغی گەورەی سنوری تەقتەق لە قەزای کۆیە. خوێندنی سەرەتایی لەگوندەکەی خۆی تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٣دا لە هێرشێکی فڕۆکەکانی عیراقدا بۆ سەر گوندەکەی، بە سەختی بریندار بووە، باپیریشی لەو هێرشەدا گیانی لە دەستداوە. ئەم رووداوە ئاسەوارێکی گەورەی لەسەر ژیانی بەجێ هێشتووە چونکە پاش ئەم رووداوە بە هۆی سەختیی برینەکەیەوە خوێندنی پێ تەواو نەکراوە.

ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٧٢ بووە پێشمەرگە. لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ دا، دوا بە دوای هەرەس هێنانی وتوویژو دەستپێکردنەوەی شەڕ، بەشداریی لە شەڕەکانی دەشتی کۆیەو چیاکانی باواجیو ماکۆك و شیشاردا کردووە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی. بەڵام پاش ئەوەی حکومەتی عیراق دەستی بە جێبەجێ کردنی قۆناغی یەکەمی پرۆژەی راگواستنی گوندەکان کرد، گوندەکەی، ئیلنجاغی گەورە، بەر راگواستن کەوت و لەم سۆنگەیەوە روی کردە گوندی بانی ماران و تێیدا نیشتەجێ بوو. گوندەکە ناوی خۆی پێ بەخشیو بە هۆی ئەمەوە بە بانی مارانی ناسرا.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کردووە. پاش جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیو یەکگرتنەوەی لەگەڵ لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانو پێکهێنانی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان، لە ناو حزبە تازەکەدا درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی داوە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە. هەر لەوێ کرایە فەرماندەی مەفرەزەو لە ساڵی ١٩٨٤ گوێزرایەوە بۆ هەرێمی ١٥ی سەفین و لەوێ کرایە فەرماندەی کەرت.

ساڵی ١٩٨٥ چووە پاڵ گروپی ئاراستەی شۆڕشگێڕ کە بە سەرکردایەتیی قادر عەزیز لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان جیا بۆتەوەو لەوێدا لێپرسراوەتیی قوەتی خۆشناوی پێ سپێردراوە.

لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦دا پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو دواتر کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی ٥ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٨٧ کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی. لە ساڵانی ١٩٨٧و ١٩٨٨دا بەشداریی لە سەرجەم چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی تیپەکەدا کردووە. پاش شەڕەکانی قۆپی جوانەگا و گەروی مەنجەڵو کونەکۆتر، لە ڕێی قەندیلەوە چووە ناو خاکی ئێران و لەوێوە وەرچەرخایە سەر بارەگا کۆنەکانی سەرکردایەتیو لەگوندی شێنێ گیرسایەوە.

دوای قۆناغی جەنگی کیمیاییو شاڵاوی ئەنفالەکانو کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، ئەرکی رێکخستنەوەی تیپەکانی ٨٥ی بەڕانەتیو ٩١ی سەفینی پێ سپێردرا. ماوەیەك لە شاری نەغەدە گیرسایەوە.

دوا بەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی عیراق- ئێران

له ساڵی ١٩٨٨، وازی له پێشمەرگایەتی هێنا و له هەولێر گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩٠ پەیوەندیی لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانو مەفرەزە پارتیزانەکاندا گرێ دایەوەو دواتریش هەماهەنگیی لەگەڵ شانە چەکدارەکانی بروسکدا کردو له کاتی راپەڕیندا رۆڵێکی کارای له هەولێرو دەوروبەریدا گێڕا.

پاش پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان، له ساڵی ١٩٩٣ کرایه فەرماندەی فەوجی ٢ له لیوای ٣١ی رۆژئاوای هەولێر. دوای هەڵوەشانەوەی لیواکە له سۆنگەی شەڕی ناوخۆوە، پلەی فەرماندەی لیوای دێرینی پێ درا. دوای پێکهێنانی فەرماندەییەکان، کرایه فەرماندەی لەشکری ١٥ی قەرەچوخ لەرۆژئاوای هەولێر.

ساڵی ١٩٩٦ پاش هێرشی گاردی کۆماریی عیراق بۆ سەر هەولێر، بەشدار بوو له بەرگری کردن له هەولێر. هەر ئەو ساڵە بەشداریی کارای له ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەدا کردو له ساڵی ١٩٩٧ دا کرایه بەرپرسی سەربازیی قۆڵی سماقوڵی لەفەرماندەیی ٥ی دوکان. له تشرینی یەکەمدا بەشدارییەکی کاریگەری له ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا کردو له شەڕێکی نابەرامبەردا که سێ برای تێدا شەهید بون، بەرپەرچی پێشرەویی هێزەکانی تورکیای دایەوە که له دژی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاوپەیمانییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروست کردبوو.

ساڵی ١٩٩٨ کرایه فەرماندەی فەرماندەیی ١٥ی قەرەچوغو له کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشمانیی کوردستاندا که ساڵی ٢٠٠١ له سلێمانی بەسترا، به ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. دواتر، لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٦ی سۆرانی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٣ کرایه ئەندامی پەرلەمانی کوردستان له خولی گواستنەوەدا و لەم خولەدا لێپرسراوەتیی پۆستی سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزی گرته ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٨ وازی له یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو پەیوەندیی به بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد. ساڵی ٢٠١٤ ریزەکانی بزوتنەوەی گۆڕانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## عوسمان بچکۆڵ



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی عوسمان محەمەد ئەمین عوسمان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی پشتاشان له ناحیەی سەنگەسەر. ساڵی ١٩٦٢ له گوندەکەی خۆی خراوەته بەر خوێندن. ساڵی 1971 قۆناغی ناوەندیی خوێندنی له سەنگەسەر تەواو کردووە. ساڵی دواتر پەیوەندیی به رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٣ بۆته پێشمەرگە له لقی ٣ی بەتالیۆنی ٢ی هێزی کاوە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ له نێوان کورد و رژێمی عیراق، کراوەته سەردەسته له هێزی کاوە. لەو ماوەیەدا بەشداریی له شۆڕشدا کردو ئەرکەکانی خۆی، بەو چەشنەی که بۆی دیاری کرابوو، هەمووی جێبەجێ کرد. ساڵی ١٩٧٥ له سەروبەندی هەرەس هێنانی شۆڕش پاش رێککەوتنی عیراق و ئێران له جەزایر، پەنای بۆ ئێران نەبرد و ژیانی ئاوارەیی رەت کردەوە، گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی و لەوێ نیشتەجێ بوو.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی لەگەڵ قادر خەبات دروست کرد کە سەرکردایەتیی ناوخۆی وڵات رایسپاردبوو مەفرەزەی سەرەتایی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار پێك بهێنێ. بەم جۆرە، یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی لە بناری چیای قەندیل بە فەرماندەیی قادر خەبات، لە عوسمان بچکۆل، حاجی شێخە بنزیری، محەمەد رەسول ئیندزەیی، قادر حاجی رەسول، عەبدوڵڵا حەمە مینە، حەسەن حەمە مینە، حەمەد حاجی مەلا ناسراو بە مام شەنگە، عەبدوڵڵا حاجی شێخە بنزیری، محەمەد حاجی شێخە، عەلی حاجی شێخە، مینە سور، خدر سۆفی مەلا، نەبی چالاك و مەحمود سێتیر پێک هات.

هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە دانانی بنکەیەکی لۆجستیکی لە کوێستانی سێکوچکە. لە سەروبەندی رێکخستنی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، لێپرسراوەتیی یەکێ لە مەفرەزەکانی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٧٧ بۆ دابین کردنی رێگایەکی دەستەبەر و پارێزراو بۆ گەیاندنی چەك لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بۆ کوردستانی عیراق، چەند جارێك نێردرایە شاری قامشلو لە سوریا. لەو ماوەیەدا لە نێوان دۆڵی خواکورك و قامشلودا هاتوچۆی کردو نامەکانی خالید سەعید و نەوشیروان مستەفای گەیاندە دەستی یەکتری.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ دا لەکاتی گواستنەوەی برێك چەك، لەسەر سنوری عیراق- تورکیا کەوتە بۆسەی چەکدارەکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەو مەفرەزەیەی کە چەکەکانی لە ناوخۆی تورکیاوە دەگواستەوە، بە فەرماندەیی حەسەن خۆشناو بوو. پاش شەڕێکی سەخت، حەسەن خۆشناو و زۆربەی پێشمەرگەکانی شەهید کران. چەند پێشمەرگەیەکیش، لەوانە عوسمان بچکۆل، بە بریندار بە دیل گیران و دواتر لە زیندانێکی سەرکردایەتیی کاتی لە ناو خاکی تورکیا بەند کران. دیلەکان ئازاد کران بەو مەرجەی کە خۆیان رادەستی هێزەکانی عیراق بکەن و پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بپچڕن. بۆیە برانە نزیك رەبیەکانی سوپای عیراق و لەوێ ئازاد کران. بەڵام عوسمان بچکۆل و هاوڕێیەکی، لە جیاتی ئەوەی خۆیان رادەستی رەبیەکان بکەن، لە دەرفەتێکدا خۆیان لەبەر چاو ون کردو لە رەبیەکان دور کەوتنەوە. بە پێ و بە نەشارەزایی، رێیەکی درێژیان بەرەو سیدەکان بڕی و لەوێوە خۆیان گەیاندە قەندیل کە لەو کاتەدا بارەگای تاڵەبانیی لێ بوو. لەوێ عوسمان بچکۆل کرایە فەرماندەی کەرتی ٢ لە هێزی پارێزگاریی بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی.

ساڵی ١٩٨٠ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا و پەیوەندیی بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد. لەوێ کرایە فەرماندەی کەرتی ٥ی هەرێمی ١٤، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٢دا وازی لە حزبی سۆسیالیست هێناو گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانی و لە گوندی توژەڵە کرایە فەرماندەی کەرتی ٥ لە هێزی پارێزگاریی بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی. هەر ئەو ساڵە وەك فەرماندەی کەرت گوێزرایەوە بۆ تیپی مەڵبەندی ٣ لە گوندی وەرتێ. ساڵی ١٩٨٤ کرایە رابەری سیاسیی تیپی ٧٣ ی قەندیل. ساڵی ١٩٨٥ بووە جێگری فەرماندەی تیپی تۆپخانە و هەر ئەو ساڵە فەرماندەیی تیپی تۆپخانەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٦ بە پلەی جێگری فەرماندەی تیپ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٧٤ ی باڵەك کە لەو کاتەدا برایم حاجی کوێخا فەرماندەی بوو. دوای شەهیدبونی برایم حاجی کوێخا لە شەڕی قۆپی ئەستێرێ لە تشرینی یەکەمدا، رەسولی برای فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ. پاش شەهیدبونی رەسول حاجی کوێخا لە

سالّی ١٩٨٧، فەرماندەیی تیپەکە بە عوسمان بچکۆل سپێردرا.


سالّی ١٩٨٨ لە کاتی شالاّوەکانی ئەنفالدا، تیپی ٧٤ی بالّەك رۆڵێکی کارای لە فریاکەوتنی دانیشتوانی دەڤەرەکەدا گێڕا، ژمارەیەکی زۆری هاوولاّتییانی لە هێرشە کیمیاییەکانی سوپای عیراق رزگار کرد و دەرفەتی پەڕینەوەی لە سنور بۆ مسۆگەر کردن.

هەر ئەو ساڵە، پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی سەر سنور، لەگەڵ مەفرەزەیەکی ١٠ کەسی بە شێوەی پارتیزانی لە ناوچەی دۆڵە رەقە مایەوە. سالّی ١٩٨٩ کشایەوە بۆ ئێران و لەگەڵ خێزانەکەی لە کامپی ئاوارەکانی دیڵژێ گیرسایەوە. هەمان ساڵ تیپی ٧٤ ی بالّەك دامەزرایەوە و بارەگاکەی لە گوندی بادیناوێ دانرا. رەحمان سەیدە کرایە فەرماندەی تیپەکە، عوسمان بچکۆلیش کرایە جێگری.

سالّی ١٩٩٠ بەپێی رێککەوتنی نێوان سوپای پاسدارانی ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چەند خولێکی مەشق و راهێنان لە ئێران بۆ هێزی پێشمەرگە کرایەوە لەوانە خولێکی سەربازی لە گەیلان غەرب. ئەو یەکێ لەو کادیرانەی هێزی پێشمەرگە بوو کە بەشداریی لەو خولەدا کردووە.

سالّی ١٩٩١ بەشدارییەکی کارای لە راپەڕیندا کرد، لە وێستگەی یەکەمەوە کە رانیە بوو تا دوا وێستگە کە کەرکوك بوو. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٩ی بێرمکە. دواتر کرایە فەرماندەی هێز لە میحوەری ٩. سالّی دواتر بووە فەرماندەی فەوجی ٢ی لیوای ٢١ و تا سالّی ٢٠٠٤ بەردەوام لەسەر خزمەتکردن لە ناو هێزی پێشمەرگە. سالّی ٢٠٠٤ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

## عوسمان جەرجیس گۆمەشینی*



جێگری فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە. ناسراو بە فەقێ گۆمەشینی. لەدایکبوی سالّی ١٩٥٦ی گوندی گۆمەشینی ناوچەی کۆیە. سالّی ١٩٦٨ لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو تا سالّی ١٩٧٠ لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا بووە.

سالّی ١٩٧٦ لە هەولێر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە، پاش پێکهێنانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان، کاتێك خوێندکاری پۆلی چواری ئامادەیی بوو لە هەولێر، بووە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری لقی هەولێری یەکێتییەکە.

لە ئایاری سالّی ١٩٧٧ شالاّوێکی سەختی دەزگا ئەمنییەکان لە هەولێرو شەقلاّوەو تەقتەق و کۆیەو پیرماموشوێنی تر لە دژی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران دەستی پێ کرد کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و کادیرانی رێکخستن لەوانە فەقێ گۆمەشینی دەستگیر کران. پاش شوێن بزرکردنی بۆ ماوەی شەش مانگ کە تێیدا ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر درا بەبێ ئەوەی هیچ نهێنییەکی رێکخستن ئاشکرا بکا، درایە دادگاو بە پێنج ساڵ زیندانی حوکم درا. سالّی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. پاش ئازادبونی بە ماوەیەکی کەم، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانەوە کردەوە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر بووە پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە بەشێکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنوری هەرێمەکەو ساڵی ١٩٨٢ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد لە کوردستانی ئێران.

لە سۆنگەی لێهاتوییەوە پلەکانی پێشمەرگایەتیی پلە بە پلەی بڕی تا لە ساڵی ١٩٨٤دا کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە. لە٤ی تەموزی ١٩٨٦دا لە شەڕێکدا لەگوندی کانی بیی دەشتی کۆیە شەهید کرا.

## عوسمان حەسەن قادر سەرگەڵویی



کادیرو پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە شێخ عوسمان سەرگەڵویی. لەدایکبوی ساڵی 1951ی گوندی سەرگەڵووی دۆڵی جافەتی. پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی لە ساڵی ١٩٦٧، پەیوەندیی بە باڵی مەلایی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوەو ساڵی دواتر بۆتە پێشمەرگە لە بارەگای ناوچەی دوکانو هەر ئەو ساڵە وەك کادیر ئەرکی ڕێکخستنی لە سنوری ڕێکخراوی سورداش پێ سپێردراوە. ساڵی ١٩٦٩ وازی لە باڵی مەلایی هێناوەو پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵ لە ساڵی ١٩٧١، لەبەتالیۆنی یەکی لقی یەکی دۆڵەڕوت دەستبەکار بووە. پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە بەپێی ڕێککەوتننامەی١١ی ئازاری ١٩٧٠ بە شێوەی پاسەوانی سنور ڕێك خرا، لە سنوری ناوچەی یەکی سلێمانی وەك کادیر ئەرکی ڕێکخستنی ئەو هێزەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لە هێزی رزگاری پێشمەرگایەتیی کرد و ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ماوەیەك ئاوارەی ئێران بوو، پاشان گەڕایەوە بۆ سلێمانی. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی پاشتر بە فەرمانبەر لە زانکۆی سلێمانی دامەزرا. لەو ماوەیەدا وەك هەڵسوڕاوێکی زرنگ لە ناو ڕێکخستندا کاری کردوەو بە شێوەیەکی سیستماتیك نیوەی موچەکەی بەڕێکخستن داوە.

ساڵی ١٩٨١، کاتێك ئەندامی کەرتی یەکی کۆمیتەی یەکی ڕێکخراوی کۆمەڵە بووە، دەزگا ئەمنییەکان پەیوەندیی نهێنییان بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە ئاشکرا کرد، بۆیە سلێمانیی بەجێ هێشتو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لە پێشمەرگایەتیدا لە سنوری هەرێمی ٤ ئەرکی پێشمەرگانەو ڕێکخراوەیی پێ سپێردرا.

کاتێك بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاواییەکان درا، دەستپێشخەریی لە پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاوایی گوندی سەرگەڵوو کردو دواتریش سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی ئاواییەکانی هەموو دۆڵی جافەتیی کرد. لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی کارای لەبەرپەرچدانەوەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانو بڵاوکردنەوەی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنخوازانە لە سنوری

دۆڵی جافەتیدا گیرا.

ساڵی ١٩٨٢ پاش دامەزراندنی مەڵبەندەکان، کرایە لێپرسراوی کۆمەڵایەتیی مەڵبەندی دوو. لە ساڵی ١٩٨٦دا لێپرسراوەتیی کارگێڕیو دارایی دەزگای پێشمەرگایەتیی پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٨٧دا لێپرسراوەتیی بنکەی بەرگەڵوی تایبەت بە پەیوەندیو هەماهەنگی لەگەڵ گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و ئێران گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، وەك رابەری سیاسیی تیپی مەڵبەندی دوو لەسەر سنور گیرسایەوەو ماوەیەکیش لە شاری سەقز نیشتەجێ بوو.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی بەرچاوی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردوە لەوانە ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج (١٩٨٥)و شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦) و داستانی رزگاری (١٩٨٧). لە قۆناغی دوای شاڵاوی ئەنفالەکاندا، وەك رابەری سیاسیی تیپی مەڵبەندی دوو، لەسەر سنور لەگوندەکانی بلەکێو قاسمە رەش، ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە.

ساڵی ١٩٩١ لە قۆڵی رانیە بەشداریی لە جێبەجێ کردنی نەخشەی راپەڕیندا کردو لەگرتنی حاجیاوا و سەربازگەی چوارقوڕنەدا رۆڵێکی گەورەی نواند.

پاش راپەڕین لە لەشکری یەکی سلێمانیدا لێپرسراوەتیی بەتالیۆنی تایبەتی لەشکری پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٩٤دا کرایە ئەندامی مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی. لە ساڵی ١٩٩٨دا ماوەیەك کرایە کارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگەو پاشان بە هەمان پلە گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی رێکخستن. ساڵی ٢٠٠٥ بە پلەی عەمید خانەنشین کرا.

## عوسمان حەمە رەشید گورون



نوسەر و وەرگێڕو کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ ی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. لە سەرەتای لاوێتییەوە تێکەڵی کاری سیاسی بووەو لە ساڵی ١٩٧٣ بووە بە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان.

ساڵی ١٩٧٤ لە کاتێکدا کە خوێندکاری پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووە، خوێندنی بەجێ هێشتووەو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە. ماوەیەك لە بنگردو رانیە مایەوە. پاش بۆردومانەکەی قەڵادزێ، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خوێندکارەکانی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی، چوو بۆ پێنجوێن و لە ئۆردوگای خوێندکارانی لەیلا قاسم گیرسایەوە. لەوێ پاش چەند مانگێك بووە بەرپرسی یەکێك لە کەرتەکانی ئۆردوگاکە.

لە ئەیلولی ئەو ساڵەدا بووە پێشمەرگەو لە نزیك چۆمان بەشداریی لە خولێکی کەتیبەی تۆپە قورسەکاندا کرد. پاش تەواوکردنی خولەکە، رەوانەی بەرەکانی شەڕ کرا لە گەروی هۆمەر ئاغاو چیای حەسەن بەگ و تا ساڵی ١٩٧٥ لەوێ مایەوە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، روی لە ئێران کردو دوای ماوەیەك مانەوە لە مەهابادو بێئومێدبون لە دەستپێکردنەوەی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و خەریکی تەواوکردنی خوێندن بوو.


ساڵی ١٩٧٧ خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد و وەك

گواستەوە. هەر ئەو ساڵە وەك كادیر لە دەزگای ڕاگەیاندنی حزب كاری كرد، هەروەها لە بواری پەیوەندییەكاندا. ماوەیەكیش لە ساڵی ١٩٨٥ لە بارەگای حزب لە گوندی شوشان لە دۆڵی خواكورك ماوەتەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ دا بڕوانامەی بەكالۆریۆسی فەلسەفەی لە زانكۆی دیمەشق بەدەست هێنا. لەو ماوەیەدا بەشدارییەكی كارای لە دەركردنی گۆڤاری «پێشەنگ»دا كرد، هاوكاریش بوو لە دەركردنی ڕۆژنامەی «گەل» و ژمارەیەكی زۆر وتاری بە ناوی خوازراو لە هەردوكیاندا بڵاوكردۆتەوە. تا ساڵی ١٩٨٧ چالاكییەكی چڕی لە بواری پەیوەندییەكاندا نواندووە.

لە ئەیلولی ١٩٨٧دا ڕوی كردە سویدو لەوێ نیشتەجێ بوو. بۆ ماوەی چەند ساڵێك بە ناوی خوازراوی دارا ڕەشیدەوە ئەندامی دەستەی نوسەران و پاشان سەرنوسەری گۆڤاری «بەربانگ» بوو كە فیدراسیۆنی كۆمەڵە كوردستانییەكان لە سوید دەری كردووە.

ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ كۆمەڵە كادیرێكی دێرینی پارتی گەل بە سەرۆكایەتیی وریا سەعاتچی وازی لە پارتی گەل هێناو پەیوەندیی بە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە كرد. لەم سەروبەندەدا كرایە ئەندامی مەكتەبی بیرو هۆشیاری كە دواتر ناوەكەی كراوەتە ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران.

بە سودمەندبون لە شارەزایی لە زمانی عەرەبی و سویدی، سێ كتێبی لە سویدییەوە كردووە بە كوردی كە ئەمانەن: «سۆسیال دیموكراسیی سوید: مێژوو، پڕۆگرام» ، «مێژوی فەلسەفە» و «قوتابخانەی فرانكفۆرت - فەلسەفە وەك تیۆرییەكی ڕەخنەیی»، نامیلكەیەكیشی بە ناونیشانی «سۆسیال دیموكراسی - بوارەكانی پراكتیزەكردنی لە كوردستان» نوسیوە، هەروەك كتێبێكی بە ناونیشانی «بەكر سدقی: گیانی




فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی دارایی سلێمانی كاری كرد. ساڵی ١٩٨١ بۆ تەواوكردنی خوێندن، چوو بۆ لوبنان و لەوێ لە بەشی فەلسەفەی كۆلیجی ئەدەبیاتی زانكۆی عەرەبی دەستی بە خوێندن كرد. لە بەیروت پەیوەندیی لەگەڵ چەند سەركردەیەكی پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان ناسراو بە پارتی گەل دروست كردو دوای چەند دیدارێك لە دیمەشق، بە شێوەیەكی فەرمی پەیوەندیی بە حزبەكەوە كردو كرایە نوێنەری حزب لە لوبنان. ساڵی ١٩٨٢ بە هۆی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان و چونی سوپای ئیسرائیل بۆ ناو بەیروت و شڵەژانی دۆخی گشتی لە سەرتاسەری لوبنان، بەیروتی بەجێ هێشت و خوێندنەكەی بۆ كۆلیجی ئەدەبیاتی زانكۆی دیمەشق

نەتەوەیی و ڕەوتی ڕوداوەکان» بە هاوبەشی لەگەڵ حەسەن یاسین لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی.


## عوسمان ڕەحمان محەمەد



پێشمەرگەی دێرین و کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە کوردۆ. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی لەگوندی مەرزیخەی ژووروو لە شێخ بزێنی تەواو کردووە و خوێندنی ناوەندی لە شوان و ئامادەیی لە کەرکوك.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٢ لە پەیمانگای تەکنیکیی کەرکوك وەرگیرا و ساڵی ١٩٨٤ خوێندنی تەواو کرد. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سوسێ و چەمچەماڵ و تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان چالاکیی نواند. لە قۆناغی دوای ئەنفالەکاندا، لە کۆتایی ١٩٨٨ و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ لە ناوچەی شێخ بزێنیی خواروو لە دەستە پارتیزانەکانی پێشمەرگە چالاکیی نواند. هەر ئەو ساڵە، پاش گەڕانەوەی لە ئەرکی پارتیزانی، کرایە بەرپرسی ڕێکخستنی تیپی ٢١ی کەرکوك لە ئێران. دواتر گوێزرایەوە بۆ زەڵێ و وەك مامۆستای خولەکانی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە و پارتیزانەکان کاری کرد. لەم نێوانەدا وەك مامۆستا بەشداریی لە دەرچواندنی حەوت خولی پێشمەرگایەتی کردووە.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا وەك ڕابەری سیاسیی




بەتالیۆنی مامەندە بەشداریی کردو لە هەولێر کرایە لێپرسراوی هێزی پارێزگاریی بارەگای مەکتەبی سیاسی. لە مەکتەبی ڕێکخستندا وەك کارگێڕی کاروباری پەیمانگای کادیران کاری کردو سەرپەرشتیی دەرچواندنی ١٦ خولی کادیرانی مەڵبەندەکانی کرد.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٨- ٢٠٠٣دا لێپرساوەتیی کۆمیتەی مەکتەبەکانی پێ سپێردرا و هەر لەو ماوەیەدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای گشتیی لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٢ دەستی بە پیشەی پارێزەری کردو ساڵی ٢٠٠٧ پلەی ماستەری لە بواری یاسای گشتی لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا. چەردەیەك وتار و لێکۆڵینەوەی هەیە.

# عوسمان سەنگەسەری



کادیر و پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی عوسمان رەسول حەسەن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٩ی گوندی سەنگەسەر. قۆناغی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە سەنگەسەرو ئامادەیی لە ساڵی ١٩٨٥ لە رانیە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە کردووەو لێپرسراوەتیی لقی سەنگەسەری گرتۆتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.


ساڵی ١٩٨٦ لە تیپی ٩٩ی بیتوێن بوەتە پێشمەرگەو وەك کادیرێکی ڕێکخراوەیی بەشدار بووە لە کاروباری ڕێکخستنی تیپەکە. سەرباری کارکردنی لە بواری ڕێکخستندا، بەشدار بووە لە بەشێکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە وەك ئۆپەراسیۆنی قەیوان ـ ماوەت (١٩٨٦)و ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی تەقتەق (١٩٨٧)و شەڕی بنەباوێ.

ساڵی ١٩٨٩ کرایە بەرپرسی زانیاریی بەتالیۆنی ٩ لە دۆڵە کۆگەو هەر ئەو ساڵە کرایە رابەری سیاسیی تیپی ٩٢ی هەمان بەتالیۆن. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە هەڵسورانی هێزە پارتیزانەکان لە سنوری بیتوێن‌و خۆشناوەتی‌و چیای قەندیل و گەرمیان. ساڵی ١٩٩٠ بەشدار بوو لە خولێکی عەسکەری ـ هەواڵگریی ٤٥ رۆژە لەگەیلان غەرب لە ئێران و پاش خولەکە بەشدار بوو لە یەکەم خولی دامەزراندنی دەزگای زانیاری لە قاسمە رەش.

پاش راپەڕین، لە ساڵی ١٩٩٣ کرایە فەرماندەی فەوجی سەنگەسەر. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠٥ لە بێرمنگهام لە بریتانیا ژیاوە. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کرایە ئەندامی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەو ساڵی ٢٠٠٩ بووە کارگێڕی مەڵبەندو بەرپرسی کۆمیتەی ٤٥ی لیوای ٧ی یەکگرتوو.

چەند نوسینێکی سەبارەت بە ئەزمونی پێشمەرگایەتی هەیە. خاوەنی دوو مەدالیایە: یەکێکیان مەدالیای پارتیزانییەو ئەوی تر مەدالیای پێشمەرگەی دانەبڕاو.

دیارترین بەرهەمەکانی: «سەروەرانی قەندیل» (٢٠١٢)، «پارتیزانی مەرگ‌و ژیانەوە» (٢٠١٣). «ژنە ناودارەکانی کورد» (٢٠١٣)، «بەشێک لە ژیانی سەرکردە نەمرەکان» (٢٠١٤).



## عوسمان سێدەری



پێشمەرگەی پارتیزان و فەرماندەی تیپ و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. ناوی تەواوی عوسمان کەریم سوارە ئەحمەد. لەدایکبوی ساڵی ۱۹٦٦ی گوندی هاڵە سەرچاوەی ناوچەی بازیان، بەڵام بە رەچەڵەك خەڵکی گوندی سێدەری ناوچەی جافایەتییە. ساڵی ۱۹۷۲ لە گوندی موغاغی سەر بە ناحیەی سورداش خراوەتە بەر خوێندنی سەرەتایی و هەر لەو گوندە خوێندنی قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ۱۹۷۹ لە تەمەنی ۱۳ ساڵیدا پەیوەندیی لەگەڵ رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دروست کردووە. ساڵی ۱۹۸۱ لە کاتێکدا کە خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بووە لە گوندی سوسێی ناوچەی سورداش، وازی لە خوێندن هێناوە. پاش دوو ساڵ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوەو لە کەرتی ۳ی تیپی ٤۳ی ئاسۆس ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردوە. ساڵی ۱۹۸٤ کراوەتە لێپرساوی رێکخستن لە هەمان کەرت.

ساڵی ۱۹۸٥ کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ۱۹۸۷ کرایە جێگری فەرماندەی کەرت و ساڵی دواتر بە پلەی فەرماندەی کەرت بۆ تیپی ۳۷ی شارباژێڕ گوێزرایەوە.

ساڵی ۱۹۸۹ بەشدار بووە لە خولێکی ٤٥ رۆژەی پارتیزانی کە لە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاسمە رەش ساز کراوە. پاش تەواوکردنی خولەکە بە فەرماندەیی مەفرەزەیەکی ۱۱ کەسی، نێردرایە سنوری دۆڵی جافایەتی و چیای پیرەمەگرون. مەفرەزەکەی لەم پێشمەرگانە پێك هاتبوو: رزگار یاخیانی، رزگار سورداشی، زاهیرە بچکۆل، ساڵح شارستێنی، زرار شارستێنی، تەها جۆبلاخی، حەمە قەڵاچوالانی، مامە قالەی شارباژێڕ، هێمنە بچکۆل و مامە سالەی سێدەر.

ساڵی ۱۹۹۰ کرایە فەرماندەی تیپ لە بەتالیۆنی ۱٥ی چەمی رێزان. لە راپەڕینی ۱۹۹۱دا تیپەکەی بەشداریی لە رزگارکردنی ناوچەکانی بنگرد، دوکان، پیرەمەگرون، بان مەقان و قەرەهەنجیردا کردو لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی کەرکوکیش بەشدارییەکی کارای کردو هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا سێدەری بریندار بوو و وەك یەکەم بریندارى ئۆپەراسیۆنەکە لە نەخۆشخانەی رزگاریی کەرکوك تیمار کرا. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ۱٥ی چەمی رێزان.

لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی بنگرد، سەرجادەی دوکان، قەرەسرد و ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی قەندیل (۱۹۸۳)، قەیوان- ماوەت(۱۹۸٦)، داستانی رزگاری (۱۹۸۷)و شەڕەکانی دۆڵی جافایەتی (۱۹۸۸). پێنج جار لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بریندار بووە، جاری یەکەم لە ساڵی ۱۹۸٦ لە ئۆپەراسیۆنی قەیوان- ماوەت و جاری پێنجەم لە شەڕی ناوخۆدا لە ساڵی ۱۹۹٥.

لەپێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستاندا، لە ساڵی ۱۹۹۳ کرایە جێگری فەرماندەی فەوجی ۳ لە لیوای ۲۲ی دوکانی سەر بە فەرماندەیی ناوچەی سلێمانی و لە سەرەتای ساڵی پاشتردا کرایە فەرماندەی فەوجی ۲ی لیوایەکی تایبەتی سلێمانی.


ساڵی ۱۹۹٥ لێپرساوەتیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی دوکانی پێ سپێردرا. ساڵی ۱۹۹۷ کرایە فەرماندەیی لەشکری سورداش. ساڵی ۱۹۹۸

كرایە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی پارێزگاریی سكرتاریەتی سكرتێری گشتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان.

ساڵی ٢٠٠٢ كرایە فەرماندەی فەرماندەیی چەمی رێزان. ساڵی ٢٠٠٣، لە سەروبەندی هەرەس هێنانی رژێمی عیراقدا، فەرماندەییەكەی رۆڵێكی كارای لە ئازادكردنی ناوچەكانی خانەقین و شارەبان دا گێڕا.

ساڵی ٢٠٠٧ لە كۆنفرەنسە ناوچەییەكانی كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستاندا، لە سنوری قەزای دوكان یەكەم دەنگی بەدەست هێناو لە حوزەیرانی هەمان ساڵ بە سەرۆكی لقی شارباژێر- دوكانی كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكان هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠١٠ بەشداریی لە كۆنگرەی سێیەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستاندا كردو بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. لە ئەنجومەنی ناوەندا كرایە جێگری لێپرسراوی كۆمیسیۆنی پێشمەرگەو شەهیدان و كەمئەندامان و زیندانییانی سیاسی. ساڵی ٢٠٠٧ بە پلەی لیوا خانەنشین كرا.

## عوسمان شارستێنی




پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەكانی دەستپێكردنەوەی خەباتی چەكدار و فەرماندەی تیپ و پارتیزان. ناوی تەواوی عوسمان محەمەد حەمەد ئەمین فەقێ. لەدایكبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی شارستێنی سەر بە ناحیەی بنگرد. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە كردووەو هەمان ساڵ بۆتە پێشمەرگەو لە هێزەكەی عەلی عەسكەری ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ كردووە.

دوای ئەوەی كۆبونەوەی نۆكانی كۆمیتەی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بڕیاری لەسەر ئۆپەراسیۆنی هەكاری دا، هێزێكی گەورەی پێشمەرگە بە سەركردایەتیی عەلی عەسكەری لە نیسانی ١٩٧٨ لە قەندیلەوە بەرەو برادۆست بەرێ كەوت بۆ وەرگرتنی برێكی زۆری چەك كە نیاز وابوو لە سوریاوە بەناو خاكی توركیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. شارستێنی لەگەڵ ئەم هێزەدا بۆ برادۆست بەرێ نەكەوت، بەڵكو بە باش زانرا لە دۆڵی جافەتی بمێنێتەوە. پاش شكستی ئۆپەراسیۆنی هەكاریو لەتوپەتبونی هێزەكە، شارستێنی پەیوەندیی بە هێزەكەی جەمال عەلی باپیرەوە كرد لە سنوری هەرێمی ٤ی دوكان.

ساڵی ١٩٨٠ گوازرایەوە بۆ قوەتی مەرگەو ساڵی دواتر لەوێ پلەی جێگری فەرماندەی كەرتی ٣ی پێ درا. ساڵی ١٩٨٢ دوای پێكهێنانی تیپی ٤٣ی ئاسۆس، كرایە فەرماندەی كەرتی ٣و ساڵی دواتر كرایە جێگری فەرماندەی تیپەكە. لە ساڵی ١٩٨٨دا فەرماندەیی تیپەكەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٠ بۆ ماوەی سێ مانگ رابەرایەتیی یەكە پارتیزانەكانی رەتلی سورداشی كرد لە دۆڵی جافەتی. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە ڕزگاركردنی قەڵەمڕەوێكی فراوانی ناوچەی بادیناندا كردو هەمان ساڵ كرایە فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی ١٥ی سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٣ لە هێزەكانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە خزمەتی كردو لە ساڵانی ١٩٩٤- ١٩٩٦دا كرایە جێگری فەرماندەی لەشكری دوكان. ساڵی ١٩٩٦ بووە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ٥ی دوكان. ساڵی ١٩٩٨ بەشداریی خولی فەرماندەیی




کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالانی کردو پاشان کرایە فەرماندەی فەرماندەیی ٥ی دوکان.


ساڵی ٢٠٠١ دوای پێکهێنانی لیواکان، لێپرسراوەتیی فەرماندەیی ١٢٨ی دوکانی پێ سپێردرا. چوار مەدالیای رێزلێنانی وەرگرتووە: مەدالیای مەفرەزە سەرەتاییەکان (٢٠٠١)، مەدالیای پێشمەرگە پارتیزانەکان (٢٠٠٢)، مەدالیای پێشمەرگە دێرینەکان (٢٠٠٣)و مەدالیای کۆمەڵەی پێشمەرگە دانەبڕاوەکان (٢٠٠٥).

ساڵی ٢٠١٧ ئەلبومی وێنەکانی خۆی لە وێستگە جیاوازەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیدا، لە سەرهەڵدانی مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە تا ساڵی ٢٠١٧ بە ناونیشانی «بە رێگاوە بەرەو ئازادیی کوردستان» بڵاوکردەوەو لەم سەروبەندەدا لە پێشەکییەکی تێرو تەسەلدا کە نزیکەی ٤٠٪ی ئەلبومەکەی گرتۆتەوە سەربهوردەی ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی گێڕاوەتەوە کە دەکرێ بۆ دیکۆمێنت کردنی سەردەمی پێشمەرگایەتی سودی لێ وەربگیرێت، بەتایبەتی پێشمەرگایەتیی سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار.

بابەتی پەیوەندیدار:

*شارستێن (شەڕ).


## عوسمان کانی پانکەیی



پێشمەرگەی دێرینو کادیری رێکخستن. ناوی تەواوی عوسمان کەریم عەبدولکەریم فەتاح. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی گەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی. دەرچوی ساڵی ١٩٦٩ی پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی.

سەرەتای پەیوەندیی بە بزوتنەوەی کوردایەتییەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨ دەگەڕێتەوە، کاتێك پەیوەندیی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو لە ناوچەی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لە ساڵانی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤ دا ئەندامی رێکخراوی سەید سادقی پارتیو نوێنەری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بوو لە سنورەکە. ساڵی ١٩٧٢ بەشدار بوو لە کۆنگرەی چوارەمی مامۆستایانی کوردستان لە سلێمانیو کۆنگرەی دەیەمی مامۆستایانی عیراق لە بەغدا.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە




شۆڕشەوە کردو لە ناوچەکانی وەڵەسمتی بناری چیای سورێنو بیارەو سەید سادقو پێنجوێن بووە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، بۆ ماوەیەکی کەم لە ئێران مایەوەو پاشان لە سنوری پێنجوێنەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی. پاش چوار مانگ لەگەڕانەوەی بۆ سلێمانی، لەتەموزدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

هەڵسوڕان و چالاکیی وەك کادیرێکی جەماوەریو کادیرێکی رێکخراوەیی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گەشەکردنی رێکخستنو سەقامگیرکردنی چەمکەکانی کوردایەتی لە سنوری کارکردنیدا هەبوو، سەرباری رۆڵی دیاری لە هاوکاری کردنی مەفرەزەکانی پێشمەرگەو دابین کردنی پێداویستییەکان. ئەمە وای کرد بکەوێتە ژێر چاودێریی وردی دەزگا ئەمنییەکانو لەم سەروبەندەدا چەند جارێك لە ڕێکخراوی ئەمنی سلێمانیو ڕێکخراوی ئەمنی سەید سادقو سەربازگەی کانی پانکە خۆیو هاوسەرەکەی گیرانو ئازار دران. ساڵی ١٩٨٦ یەکێ لەو ٢٢ مامۆستایە بوو کە لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە فەرمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی حزبی بەعس لە مامۆستایەتی دەرکرا.

هەر لەو ساڵەدا ماڵی بردە گوندی بەلەکجار لە ناوچەی قەرەداغ، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە تیپی ١٥ی شارەزور ئەرکی رێکخستنی گرتە ئەستۆ. لە ئایاری ساڵی ١٩٨٧ ئەرکێکی قورستری پێ سپێردرا و کرایە بەرپرسی رێکخستنەکانی سێ تیپ بەسەر یەکەوە کە بریتی بون لە تیپەکانی ٥٥ی قەرەداغ، ٣٥ی کوڕەکاژاو و ٣٩ی خەنجەرە. لەو ماوەیەدا سەرباری لێپرسراوەتیی لە بواری کاری رێکخراوەییدا، بەشداریش بوو لە ژمارەیەکی دیاری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا.

پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور و دوا بەدوای چڕبونی جەنگی کیمیاییو دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان، لە شاری مەریوان گیرسایەوە. لە ساڵانی ١٩٨٨ - ١٩٩١ لێپرسراوی پەیوەندییەکانو کاروباری خێزانە ئاوارەکانی پێشمەرگەی مەڵبەندی یەك بوو لە سنوری مەریوان - دزڵی.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دا فەرماندەیی تیپی کانی پانکەی پێ سپێردراو لەنیسانی ئەو ساڵەدا کرایە رابەری سیاسیی بەتالیۆنی ٣١٠ی هێزی هەڵەبجەی شەهید. لە تشرینی دووەمدا بەفەرمانی مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی، ئەرکی رێکخستنی لە لیژنەی کاسبکاران پێ سپێردرا و

لەم رووەوە بووە لێپرسراوی کۆمیتەکانی ١ و ٣ و ٧ی کاسبکاران. دواتر کرایە کارگێڕی مەڵبەندی سلێمانیو سەرپەرشتیی کۆمیتەکانی دەرەوەی شارو تیپەکانی مەڵبەندەکەی کرد.

ساڵی ١٩٩٥ لێپرسراوی ئیداریی لەشکری شارەزور بوو، دواتر کرایە ئەندامی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانیو لێپرسراوەتیی بەشی کۆمەڵایەتیو پەیوەندیی جەماوەریی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٦ لێپرسراوەتیی کۆمیتەی شوفێران و دواتر لێپرسراوەتیی هەردوو کۆمیتەی کرێکاران و شوفێرانی دوای تێکەڵبونیان گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٠ کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی سەید سادق لە مەڵبەندی شارەزور.

ساڵی ٢٠٠٣ بووە جێگری بەڕێوەبەری دەزگای شەهیدان و لە ساڵی ٢٠٠٥ دا کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەو دواتر بووە جێگری لێپرسراوی ئەو مەڵبەندەو تا ساڵی ٢٠١٠ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا و لەو ئەنجومەنە لێپرسراوەتیی کۆمیسیۆنی پەیڕەوی ناوخۆی گرتە ئەستۆ.

بایەخێکی زۆری بە دیکۆمێنت کردنی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوەو لەم رووەوە یەکێ لە دیارترین بەرهەمەکانی کتێبێکە بە ناونیشانی «سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا» کە چاپی چوارەمی لە ساڵی ٢٠١٤ دەرچووەو تێیدا چەردەیەك زانیاریی گرنگ دەربارەی قۆناغی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و قۆناغی پارتیزانی و راپەڕین بڵاوکراوەتەوە.

## عوسمان محەمەد حەمە عەزیز



پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ی گوندی حاجیتانی ناوچەی سورداش. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٨ لە سنوری هەرێمی ٤ بۆتە پێشمەرگەو هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هەکاری کە تێیدا هێزی پێشمەرگە چووە سەر سنوری عیراق ـ تورکیا بە مەبەستی وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە لەبەرنامەدا بوو لە شاری قامشلۆوە بەناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە لە ناوچەی هەکاری شکستی هێناو هەموو ئەوانەی کە بەشدار بون تێیدا توشی نەهامەتییەکی زۆر هاتن.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩ ـ ١٩٨٠ دا لە سنوری هەرێمی ٢ی کەرکوك پێشمەرگایەتیی کردو لە ساڵی ١٩٨١ دا گوێزرایەوە بۆ هەرێمی چوار. ساڵی ١٩٨٢ هەڵسوڕانی خۆی بۆ سنوری ڕێکخراوی ٢ی کۆمەڵەی رەنجدەران گواستەوە کە بارەگاکەی لەگوندی هەڵەدن و جەبار فەرمان لێپرسراوی بوو. پاش ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی یەك بەجەبار فەرمان سپێردرا، لەگەڵیدا چوو بۆ مەڵبەندی یەك کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لەگوندی حاجی مامەندی ناوچەی شارباژێر بوو.

ساڵی ١٩٨٦ یەکێ لە ئەندامانی ئەو تیمە بوو کە ئەرکی هێنانی چەكو تفاقی جەنگیو پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگەی لە ئێرانەوە

پێ سپێردرابوو. ساڵی ١٩٨٧ گوێزرایەوە بۆ تیپی پارێزگاریی بارەگای سکرتێری گشتی لەگوندی یاخسەمەرو هەمان ساڵ لەگەڵ سەختبونی شەڕی عیراق ـ ئێراندا بۆ جاری دووەم بەشدار بوو لە پرۆسەی هێنانی چەك و تفاقی جەنگی لە ئێرانەوە بۆ دۆڵی جافەتی و لەم سەروبەندەدا پلەی فەرماندەی مەفرەزەی پێ درا.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالەکان، لە دۆڵی جافەتی بە چەکی کیمیایی بریندار بوو. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، ماڵی لە هەڵەدنەوە بۆ گوندی بێورانی سەروی کوردستانی رۆژهەڵات گواستەوەو دواتر لە ئۆردوگای ئاوارەکانی پیر شێخ لە نزیك شارۆچکەی سەردەشت نیشتەجێ بوو. لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا لەگەڵ هێزەکەی غەریب هەڵەدنیدا چووە سنوری مەڵبەندی ٣و لەوێ بەشداریی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا کردو لە شەڕەکانی گەروی مەنجەڵو سەری جوانەگاو چیای پێبۆو بناری قەندیلدا بەشداریی کرد.

لە مانگی ئابدا کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونو لە شوباتی ساڵی ١٩٨٩دا وەك پێشمەرگەی پارتیزانی رەتڵی سورداش دابەزییە دۆڵی جافەتیو بۆ ماوەی پێنج مانگ لەوێ مایەوە. ساڵی ١٩٩٠ کرایە فەرماندەی دەستە پارتیزانەکانی دۆڵی جافەتیو پێش راپەرینی ١٩٩١ کرایە جێگری فەرماندەی تیپ لە بەتالیۆنی ١٥ی چەمی رەزان.

لە ڕاپەرینی ١٩٩١ رۆڵێکی بەرچاوی لە ڕزگارکردنی ناوچەی دوکان و ئۆردوگای پیرەمەگروندا گێڕا. لە شەڕی رزگارکردنی کەرکوکدا بە سەختی بریندار بوو.

ساڵی ١٩٩٣ لە سوپای یەکگرتوی کوردستان کرایە جێگری فەرماندەی سریەو دواتر بووە فەرماندەی سریە لە لیوای ٢٢ی دوکان. ساڵی ٢٠٠٤ لەکانی گۆمە بەشداریی خولێکی سەربازیی کردو پلەی عەقیدی پێ درا. ساڵی ٢٠١١ خانەنشین کرا.

## عوسمان محەمەد فەرەج کەریم*



پێشمەرگە. ناسراو بە عوسمان قەڵادزەیی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ی شارۆچکەی قەڵادزێ. هەر لە قەڵادزێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق و بۆردومان کردنی قەڵادزێ لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عیراقەوە، لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاوارەی ئێران بووەو دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ قەڵادزێ گەڕاوەتەوە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٦ی پشدەر بوو بە پێشمەرگە. لەبەر لێهاتوویی و ئازایەتیی، پلە لەدوای پلە لێپرسراوەتیی بەرز کراوەتەوە. لە هەرێمی ١٠ی جوتیاران کرایە فەرماندەی کەرت. ساڵی ١٩٨٢، بە کەرتەکەوە بۆ تیپی ٤٣ی ئاسۆس گوێزرایەوەو پاشان بووە فەرماندەی کەرت لە تیپی مەڵبەندی دوو.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٣ جار بریندار بووە. بەشداریی دەیان شەڕو نەبەردی گەورەی کردووە لەوانە چالاکییەکانی دەوروبەری شارۆچکەی قەڵادزێ، شەڕی مامەندە، گردە بێناس. هەروەها لە

ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٢ی هێزی پشتیواندا بەشدار بوو، سەرباری شەڕەکانی دەوروبەری مەرگەو بنگردو چیای ئاسۆس و داستانی قەیوان- ماوەت کە لە هەموویاندا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە.

ساڵی ١٩٨٦ بۆ دەزگـای پێشمەرگایەتی گواسترایەوە. لە ١٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ لە داستانی رزگاری، لە کاتی گرتنی رەبییەکانی کونە قاژوو لەگوندی وڵاخلوو شەهید بوو.

## عوسمان نانەوا



کـادیـری دێـریـنـی ڕێکخستن. ناوی تەواوی عوسمان ئەحمەد نەسروڵڵا فەتاح. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥ی گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی. تا پۆلی سێی ناوەندی لە سلێمانی خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٦١ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو لە لێپرساوەتیدا گەیشتە پلەی ئەندامی ناوچە. دوای لەتبونی پارتی، کەوتە بەرەی باڵی مەکتەبی سیاسییەوە.

ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٧٥ لێپرساوەتیی ڕێکخستنی ناو شاری سلێمانیی پێ سپێردرا. لەگەرمەی شاڵاوی رژێمی عیراق لە دژی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٥، لە ٥ی تشرینی دووەم بەر شاڵاوەکە کەوت و دەستگیر کرا. لەتەموزی ساڵی دواتر، لەگەڵ کۆمەڵێك ئەندامی تر لەدادگا بڕیای زیندانی کردنی بۆ دەرچوو. ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٨٠ دووبارە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردەوە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨١- ١٩٨٤ ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی و لێپرساوی کەرتی شەهید مامۆستا عەزیز مەحمود بوو.

خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانە وەك یەکێك لە یەکەم دەستەی زیندانییە سیاسییەکانی شۆڕشی نوێ.

## عومەر چاوشین*



پـێـشـمـەرگـە و فـەرمـانـدەی کـەرت. نـاوی تـەواوی عومەر شـەریـف حـەمـە کـەریـم نـاسـراو بـە عـومـەر چاوشـیـن کـەڵـەکـنـی. لـەدایـکـبـوی سـاڵـی ١٩٥٦ی گـونـدی کەڵەکنی سەر بە ناحیەی سەرچناری سلێمانی. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کـردوەو لە بەتالیۆنی ٦ی هێزی رزگـاری بووەتە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.


ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێوە کردو لە سنوری هەرێمی ٤ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کـردەوە. ساڵی دواتـر لە سۆنگەی ئازایەتیو لێوەشاوەییەوە کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٢ پاش کارکردن بە سیستمی تیپەکان و پێکهێنانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، کرایە فەرماندەی کەرت لەو تیپە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دلاوەرییەکی زۆری نـوانـدووەو لەگەڵ دەوروبـەری خۆیدا سـادەو ساکار بـووە، ئەمەش کارێکی وای کردبوو کەرتەکەی لە

هەموو کەرتەکانی تری تیپەکە زۆرترین ژمارەی پێشمەرگەی هەبووبێ.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا بەشدارییەکی کارای کردووەو لە چوارچێوەی نەخشە دانراوەکاندا هەموو ئەرکەکانی سەر شانی خۆی جێبەجێ کردوە. لە ٢٤ی ئازاری ١٩٩١ دا لە شەڕی چیمەنی سنوری کەرکوك شەهید کرا و لەوساوە تەرمەکەی بزرە.

## عومەر حەمەد عەلی*



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە دەشتیی موهەندیس. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی هەولێر. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی پیشەسازیی لە هەولێر تەواو کردووەو دەرچوی کۆلیجی ئەندازیاریی زانکۆی سلێمانییە.

ساڵی ١٩٧٨ لە سلێمانی پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ لە هەولێر ڕۆڵێکی کارای لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددیندا گێڕاوەو لەم سەروبەندەدا دوو هەفتە لە بارەگای ئەمنی هەولێر گیراوە بەڵام هیچی لەسەر ساغ نەبۆتەوە. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردوەو لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردوە. لەو ماوەیەدا بەشدار بووە لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کە تێیدا هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕاگرتنی پێشڕەویی سوپای پاسدارانی ئێران لە ناوچەی نێوان سەردەشت- ئاڵوەتان، پشتگیریی هێزی پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردووە.

ساڵی ١٩٨٥ کرایە ڕابەری سیاسیی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. لە ساڵی ١٩٨٦دا گوێزرایەوە بۆ سنوری تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی تیپەکەی پێ سپێردرا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتییدا کە پێنج ساڵی خایاندووە، بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە (١٩٨٣)و شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و ئۆپەراسیۆنی گرتنی تەقتەقو شەڕی ئیلنجاغ لە ساڵی ١٩٨٧، سەرباری بەشداریی لە چەند چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا لە ناو شاری هەولێر.

ساڵی ١٩٨٧ لە شەڕی سماقوڵی کە دوانزە ڕۆژی خایاندووەو نزیکەی ٤٠٠ پێشمەرگە بەشدارییان تێدا کردووە، ئازایەتییەکی بێ وێنەی نواند و هەر لەم شەڕەشدا لە١٣ی ئەیلولدا شەهید بوو.

بابەتی پەیوەندیدار:

*سماقوڵی (شەڕ).

## عومەر شێخموس



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٢ی شارۆچکەی عامودا لە سوریا. بنەماڵەکەی وەك یەکێ لە بنەماڵە

دەوڵەمەندەکانی عامودا ناسراوەو وا باوە کە ئەم بنەماڵەیە یەکێ لەو ٩ بنەماڵە گەورانەیە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شارۆچکەکەیان دروست کردووە.

ساڵی ١٩٥٤ بنەماڵەکەی عامودای بەجێ هێشت و لە حەلەب نیشتەجێ بوو. لەوێ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردو پاشان لە کۆلێجی ئەمریکی وەرگیرا. لەو ماوەیەدا تێکەڵ بە جوڵانەوەی نیشتمانیی کوردایەتی بوو، پەیوەندیی بەپارتی دیموکراتی کوردی سوریاوە کردو لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی خوێندکارانی حەلەبی گرتە ئەستۆ. لە سەردەمی یەکگرتنی سوریا و میسر لە چوارچێوەی کۆماری یەکگرتووی عەرەبدا لە ساڵانی ١٩٥٨ - ١٩٦١، گیرا و ئەشکەنجە درا و ئەو تۆمەتەی خرایە پاڵ کە پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوێکی سیاسیی نایاساییدا هەیە، بەڵام هیچی لەسەر ساغ نەبۆوە.

ساڵی ١٩٦٢ سوریای بەجێ هێشت و لە بریتانیا نیشتەجێ بوو، پاشان دەستی بەخوێندن کرد لە زانکۆی لەندەن. لەو ماوەیەدا بووە لێپرسراوی لقی بریتانیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. ساڵی ١٩٦٥ لەبەر دەرکەوتنی وەك هەڵسوڕاوێکی چالاکی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردایەتی لە بریتانیا، حکومەتی سوریا ڕەگەزنامەی لێ سەندەوە، ئەویش دوا بەدوای ئەمە داوای مافی پەنابەریی لە بریتانیا کرد، بەڵام لەبەر دەرکەوتنی وەك هەڵسوڕاوێکی چەپ داواکەی ڕەت کرایەوە.

لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتگیریی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٦دا هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو باڵەدا پچڕاند. پاش تەواو کردنی خوێندنی لە زانکۆی لەندەن، لە ساڵی ١٩٦٧ لەسوید گیرسایەوەو مافی پەنابەریی سیاسیی وەرگرت. لەو ماوەیەدا دوو جار لێپرسراوەتیی لقی سویدی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی گرتە ئەستۆ.


ساڵی ١٩٧٣ تێزێکی ماستەری لەسەر ناکۆکییە سنوری و فیکرییەکانی نێوان چین و یەکێتیی سۆڤێت پێشکەش بە زانکۆی ستۆکهۆڵم کردو بڕوانامەی ماستەری پێ بەدەست هێنا. دواتر بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ماریلاند لە ئەمریکا بەدەست هێنا و دوا بە دوای ئەمە گەڕایەوە بۆ سویدو بووە مامۆستای زانستی سیاسەت لە زانکۆی ستۆکهۆڵم.

ساڵی ١٩٧٥ بەشدار بوو لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پشتیوانیی لە هەوڵەکانی تاڵەبانی کرد بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان. ساڵی دواتر لە ئەمریکا گیرسایەوەو لەوێ دۆسێی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گرتە ئەستۆو بەشێکی زۆری دیکۆمێنتە فەرمییەکانی ئەو سەردەمەی یەکێتیی نیشتمانیی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی و هەر لەم سەروبەندەشدا ڕۆژنامەی «سپارك»ی بۆ ناساندنی تێڕوانین و ئاراستەو بیروباوەڕی یەکێتیی نیشتمانی بە زمانی ئینگلیزی دەرکرد. ساڵی ١٩٧٧ گەڕایەوە بۆ سوید و لە کانونی یەکەمی ساڵی دواتردا وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خڕی ناوزەنگ گیرسایەوەو تا کۆتایی ساڵی ١٩٨١ لەوێ مایەوە. ساڵی ١٩٨٢ خۆی و دکتۆر کەمال فوئادو سەلاح ڕەشید ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە بەرلینی ڕۆژئاوا دامەزراند. لەو ماوەیەدا پشتیوانیی لە پرۆژەی یەکگرتنەوەی

هێڵی گشتی و باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردو بەشدار بوو لەیەکخستنی هەردوو گروپ و دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. لە پرۆسەی پێکهێنانی یەکەم دەستەی سەرکردایەتیی ئەم ڕێکخراوەدا لە ساڵی ١٩٨٢ بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی. پاشان دوو جار بۆ دەستەی سەرکردایەتیی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرایەوە، جارێك لەکۆنفرەنسی ساڵی ١٩٨٣ و جارێکی تر لە کۆنفرەنسی ساڵی ١٩٨٤. پاش ڕاگەیاندنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموکراتی عیراق (جەوقەد) کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندام بوو تێیدا، کرا بە لێپرسراوی ئۆفیسی بەرە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و تا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بوو لەسەر ئەم کارە. لەو ساڵەدا گەڕایەوە بۆ سوید، وازی لە هەموو لێپرسراوەتییەکانی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو زۆرتر سەرقاڵی وانە وتنەوە بوو لە زانکۆی ستۆکهۆڵم.

ساڵی ٢٠٠١ لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا کاری کردو تا ساڵی ٢٠٠٥ وەك نوسەر لە بەشی کوردیی ئەو ڕادیۆیە چالاکیی نواند. پاش وازهێنانی هۆمەر دزەیی کرایە بەڕێوەبەری بەشەکەو تا ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ.

شێخموس تەنانەت کاتێك وەك ئەندامی سەرکردایەتیش لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەما بوو، پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیو سەرکردایەتییەکەی هەر بەردەوام بوو و زۆر بە تەنگ هەواڵی حزبەوە بوو. کاتێك کێشەی ناوخۆیی لە ناو سەرکردایەتیی حزب سەری هەڵدا، زۆر پێی دڵتەنگ بوو و ئەوەندەی کە لە توانایدا بوو، هەوڵی دا لایەنە ناکۆکەکان بباتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ کێشەکانیان بە سازان و لێك




تێگەیشتن چارەسەر بکەن. لەم ڕووەوە لە ساڵی ٢٠٠٤دا، لە کاتی تەشەنەسەندنی ناکۆکییەکاندا، نامەیەکی هاوبەشی بۆ هەر یەك لە تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، کۆسرەت ڕەسول عەلی، دکتۆر کەمال فوئاد و عومەر سەید عەلی نارد، تێیدا نیگەرانیی خۆی لە ناکۆکییەکانیان دەربڕی و لە دەستپێکی نامەکەدا وتی «من وەك یەکێك لە ئەندامەکانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وەك کوردێك کە خەڵکی کوردستانی عیراق نیم و کاتی خۆی لە ڕۆژە سەخت و ساتە هەرە گرانەکاندا بۆ یارمەتیدانتان هاتومەتە لاتان و ئێستاکەش سەربەخۆم و لە ناو ڕیزەکانتان نەماوم، بە بیستنی هەواڵی بونی

ناکۆکی لە نێو ریزەکانتان بە شێوەیەکی کراوەو ئاشکرا، زۆر نیگەران و غەمبار بوم».

لە نامەکەیدا پێشنیاری کردبوو «میکانیزمی نوێ» دابهێنرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ کێشەکان چارەسەر بکرێن. پێی وابوو حزب دەتوانێ خۆی لە «دیاردەی خزم خزمێنە» راپسکێنێ و ئامادەکاریی تەواو بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ بکات. هەروەها داوای کردبوو ئەندامانی سەرکردایەتی بە کەموکورییەکانی خۆیاندا بچنەوە «نەك هەر رەخنە لە مام جەلال بگرن». ئەو لە نامەکەیدا لە چارەسەر بێئومێد نەبوو و پێی وابوو «هێشتا کات و ئەگەری چارەسەرکردن بە شێوەیەکی تێگەیشتووانەو رێکوپێك هەیە».

ساڵی ٢٠٠٩ رۆژنامەنوس و دیکۆمێنتکار نەوزاد عەلی ئەحمەد چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژی لە سوید لەگەڵدا سازدا و پاشان چاوپێکەوتنەکەی لە دوتوێی کتێبێکی قەبارە گەورەی ٥٦٠ لاپەڕەییدا بە ناونیشانی «پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا» بڵاوکردەوە. کتێبەکە گێڕانەوەیەکی بیۆگرافی و دیکۆمێنتارییە و تێیدا، جگە لە گێڕانەوەی وێستگە گرنگەکانی ژیانی عومەر شێخموس، تیشك خراوەتە سەر زۆر لایەنی گرنگی بزوتنەوەی کوردایەتی و مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. دواتر، یاسین حسێن چاوپێکەوتنەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوەی ئارتا بۆ راگەیاندن و پەرەپێدان چاوپێکەوتنەکەی لە دوتوێی کتێبێکی قەوارە گەورەی ٤٦٠ لاپەڕەییدا بڵاوکردەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

*سپارك (رۆژنامە).

## پاشکۆ

## نامەی عومەر شێخموس بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## (٢٠٠١)

هەڤاڵی زۆر بەڕێزو خۆشەویستم مام جەلال

هەڤاڵانی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی دووەم

بەشدارانی تێکۆشەری کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سڵاوی گەرمی خەبات و تێکۆشان و پیرۆزبایی و سەرکەوتن. جێگای داخێکی زۆرە کە ئیشوکارەکانم لە سوید رێگایان لە من و خێزانەکەم گرت لە بەشداری کردن لە کۆنگرە گرنگەکەتان وەك پلانمان بۆ دانابوو، بەڵام بە هەموو هەست و هۆش و بیرو خواستمانەوە لەگەڵتاندا دەبین و بە هەموو شێوەیەکی دەرونی بەشداری لە کارەکانتاندا دەکەین و داوای سەرکەوتنی ئێجگار گەورەتان بۆ دەخوازین لە ئیش و ئەرکەکانتاندا.

پێویستە کۆنگرەی دووەمتان بە رەچاوکردنی هەنگاوە گەورەو سەرکەوتووەکانی پێشوتان، هەنگاوی مێژوییتر بنێت، لەوانە، بە رای من، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١-باوەڕپێکردن و فێرکردن و چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی کەلتوری ئاشتیخوازانە و دیموکراتییانە لە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جەماوەری کوردستان، ئەوەی کە هەڤاڵ مام جەلال ناوی ناوە «کەلتوری چەپکە گوڵ» نەك کەلتوری چەك. ئەمەش بە رای من، دەبێ بە کردەوە بێ، نەك تەنها بە قسە و نوسین.

٢-کارکردنی جیددی بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و

ئایدیۆلۆژیای سۆسیال دیموکراسیی راستەقینە لە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جەماوەرەکەی، بەتایبەتی چەسپاندنی پرنسیپە هەرە بنچینەییەکانی، وەك یەکسانی، ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی. یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا، هەروەها لە نێوان تاقمە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵدا.

**٣-**دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا، کراوەیی ئیداریی و شەفافیەت لە هەموو کارەکانتاندا و کۆتایی هێنان بە مومارەسەی واستە و واستەکاری، لەگەڵ چەسپاندنی پرنسیپی لێوەشاوەیی و شارەزایی لە هەموو ئیشوکارەکانی رێکخستن و ئیدارەدا کە ئەمانە زۆر گرنگن بۆ کۆنگرەکەتان.

تاقیکردنەوەکانی هەموو جیهان بە دەوڵەتی گەورەو بچوکەوە ئەوە نیشان دەدەن کە پێویستە دەزگا ئەمنییەکانی هەموو دەوڵەتێك لە ژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی حکومەتی مەدەنی و سەرکردایەتیی سیاسی و دەزگا دیموکراتییەکانی ناو کۆمەڵدا بن، ئەگینا دەبنە جێگای مەترسییەکی گەورە، ژیانێکی تایبەتی بۆ خۆیان دروست دەکەن و بە تەواوی دژ بە دیموکراسی و دەوڵەتی یاساو مافی مرۆڤ دەبن. پێویستە کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتییە تازەکەی لەو راستییانە بکۆڵێتەوەو چوارچێوەیەکی یاسایی رێکوپێك بۆ ئەم جۆرە دەزگایانە دیاری بکات.

**٥-**پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بە کردەوە نمونەیەکی هەرە باشە بۆ ئایندەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئینجا چ بە تەنها بێت یان لە حکومەتێکی یەکگرتوودا بێت لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق)، هەروەها بۆ ئایندەی گەلی کوردستانیش باشە، ئەگەر بمانەوێ پشتیوانی و یارمەتیی رای گشتیی جیهان بۆ گەلەکەی خۆمان بپارێزین.

**٦-**پاراستنی یەکریزیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گەلی کورد بە گشتی لە هەموو ئەرکێك گرنگترە بۆ سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان و گەیشتن بە ئامانجە دێرینەکانی، هەروەها بۆ شکست پێ هێنان و پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمنانی گەلەکەمان.

لە کۆتاییدا دیسان داوای سەرکەوتنی گەورە بۆ کۆنگرەی پیرۆزتان دەکەم و داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانیوە بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەم.

ئیتر هەردەم بۆ پێشەوە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان.

برای دڵسۆزتان

عومەر شێخموس

ستۆکهۆڵم ٢٠٠١/١/٢٥

## عومەر عەبدوڵڵا رەشید بەرزنجی*



فەرماندەی کەرت. ناسراو بە کاکە برا بەرزنجی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شارۆچکەی بەرزنجە لە پارێزگای سلێمانی. بە ڕیشە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی بابانەکانی بەرزنجە. خوێندنی سەرەتایی لە بەرزنجەو ناوەندیی لە هەڵەبجە تەواو کردووە. هەژاری، دەرفەتی درێژەپێدانی خوێندنی بۆ نەڕەخساندووە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. سێ ساڵ پاش ئەم پەیوەندییە، کەوتە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکانەوە، بۆیە بەر لەوەی کە دەستگیر بکرێ،

وەك خۆی پێشبینیی کردبوو، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری هەرێمی ٣ی شارباژێڕ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. پاشان بۆ دۆڵی جافەتی لە سنوری هەرێمی ٤ گوێزرایەوە. لەم ماوەیەدا نیشانی دا کە شایستەی لێپرسراوەتییە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨١ دا کرایە فەرماندەی مەفرەزەو لە ساڵی پاشتردا کرایە جێگری فەرماندەی کەرت.

ساڵی ١٩٨٢ لە کاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئاستێکی بەرزی ئازایەتیو دیسپلینی لە ڕەوتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنەکەدا نیشان دا، ئەمەش سەرنجی تاڵەبانیی راکێشاو هەر لەوێدا، بە فەرمانی تاڵەبانی، پلەی بۆ فەرماندەی کەرت لە تیپی٣٣ی سلێمانی بەرز کرایەوە.

بەرزنجی بەوە ناسرا بوو کە زۆر خەمخۆری خەڵکەو حەزی لە یارمەتیدانیانە. لە٢١ی ئازاری ١٩٨٤ دا لە کاتێکدا بۆ پاراستنی گیانی جوتیاران سەرقاڵی هەڵگرتنەوەی مین بوو لە ناوچەی شارباژێر، مینێك پێیدا تەقییەوەو لە ئاکامدا گیانی لە دەستدا. تەرمەکەی لەگوندی وەندەرێنە بە خاك سپێردرا. پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١، هاوڕێکانی پەیکەرێکیان لە شارۆچکەی بەرزنجە بۆ دروست کرد.

## عومەر عەزۆ محەمەد عەلی



کادیری دێرینی ڕێکخستن. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی گرڤر لەناحیەی زوممار لە پارێزگای نەینەوا. قۆناغی یەکەمی خوێندنی لە گوندەکەی خۆی تەواو کردو بۆ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی رووی لە شاری موسڵ کرد. ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی ئینگلیزیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی موسڵ وەرگیرا.

ساڵی ١٩٧٢ لەو کاتەی کە خوێندکاری زانکۆی موسڵ بوو، پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دروست کرد. ساڵی ١٩٧٤ پاش تەواو کردنی خوێندن لەزانکۆ، چوو بۆ خزمەتی سەربازی و بۆ ماوەی ساڵێك و شەش مانگ سەربازیی کرد. لە ماوەی سەربازیدا، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥، پاش راکردنی براکەی، برایم عەزۆ، بۆ سوریا، لە بەغدا دەستگیر کرا و بۆ ماوەی شەش مانگ خرایە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانەوە. دواتر بەکەفالەت ئازاد کرا. ئەم ئازادکردنە تەنگ پێهەڵچنینی دەزگا ئەمنییەکانی بەعسی لێ دوور نەخستەوە، بەڵکو بە بەردەوامی وەك گومانلێکراو تەماشا دەکرا.

ساڵی ١٩٧٨ بە مامۆستا لە قەزای حەویجە لە پارێزگای کەرکوك دامەزرا. ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تردا بۆ تەلەعفەر گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٣ بۆ گوندەکەی خۆی گوێزرایەوە. بە درێژایی ئەو ماوەیە لە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکاندا بوو. هەر ئەو ساڵە خۆی و دایکی دەستگیر کران و برانە موسڵ، پاشان ئازاد کران. ساڵی ١٩٨٦یش دیسان بۆ ماوەی دوو هەفتە لە موسڵ دەستگیر کرا.

ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو تا ساڵی ٢٠٠١ بەردەوام بوو لەسەر ناردنی زانیاری و هەواڵ دەربارەی جموجوڵی رژێمی بەعس لەموسڵ بۆ ڕێکخستنەکانی یەکێتی. پاش زیادبوونی گوشار لەسەری، لە مانگی ئازاردا موسڵی بەجێ هێشت و لە سلێمانی گیرسایەوە. لە مانگی نیساندا کرایە

ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەو لەم ماوەیەدا بەردەوام بوو لەسەر سەرپەرشتی کردنی ئەو شانانەی کە لە موسڵ دروستی کردبوون.

لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٢ کرایە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری. پاش روخانی رژێمی بەعس گەڕایەوە بۆ موسڵ و وەك کارگێڕی مەڵبەندی موسڵ دەستبەکار بوو. هەر لەو ساڵەدا یەکەم کۆمیتەی ئاشکرای بە ناوی کۆمیتەی برایم عەزۆوە لە دەڤەری زوممار دروست کرد. ساڵی ٢٠٠٤ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کرا، بەڵام تا ساڵی ٢٠١١ بەردەوام بوو لەسەر کارکردن وەك کارگێڕ لە مەڵبەندی موسڵ.

## عومەر عەزیز قادر



کادیری پێشکەوتوو و ئەندامی دێرینی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی ژاژڵەی ناوچەی ماوەت و هەر ئەو ساڵە ماڵیان گوێزراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و لەگەڕەکی چوارباخ نیشتەجێ بون. لە سلێمانی خراوەتە بەر خوێندن. ساڵی ١٩٦١ باوکی، کە پۆلیس بووە لە سلێمانی، بەگومانی ئەوەی کە پەیوەندیی بە شۆڕشی کوردەوە هەیە، بۆ خوارووی عیراق، بۆ بنکەی پۆلیسی دەروازەی عەرعەر لەسەر سنوری عیراق- سعودیە دور خراوەتەوە. بەهۆی ئەمەوە، ماڵیشیان بۆ بەغدا گوێزراوەتەوە. عومەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٠، دوا بە دوای راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازارو سەقامگیربونی رەوشی کوردستان، ماڵیان گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لەوێ خوێندنی قۆناغی ئامادەیی تەواو کرد. ساڵی ١٩٧٢ دەستی بە خوێندنی یاسا کرد لە کۆلیجی یاساو سیاسەت لە زانکۆی بەغدا. ساڵی ١٩٧٤ لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی قۆناغی ئاگربڕو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، لە کاتێکدا کە خوێندکاری قۆناغی دووەمی خوێندن بوو، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لەگەڵ هەر یەك لە دادوەر جەمال شەریف و سەروەر ئەزوەر ئیشوکاری دادگای ماوەتی بەڕێوە برد.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە سەر خوێندن و ساڵی ١٩٧٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای وەرگرت. هەر ئەو ساڵە وەك پارێزەری فەرمانگەی رێگاوبانی سلێمانی، دەستی بە ژیانی پیشەیی کرد و هەمان ساڵی پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٩ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا بۆوە بەڵام ژمارەیەکی بەرچاوی کادیری پێشکەوتووی رێکخستنەکانی ناو شارەکان دژی جیابونەوەکە وەستانەوە و لە ناو ریزەکانی یەکێتی مانەوە. بڕیارەکە وابوو کە لەو کادیرە پێشکەوتووانە بزوتنەوەی سۆسیالیست سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە، بۆیە داوا لە رێکخستنەکانی ناوشار کرا بەشێك لە کادیرەکانیان بنێرنە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی سەرلەنوێ کاراکردنەوەی بزوتنەوە. لەم سەروبەندەدا عومەر عەزیز قادر و چەند کادیرێکی تر پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسانەوە. بەمجۆرە، لەو کادیرانە

سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیست پێك هێنراو لەم سەروبەندەدا عومەر عەزیز قادر بووە ئەندامی سەرکردایەتیی ڕێکخراوە سەرلەنوێ دامەزرێنراوەکە.

ساڵی ١٩٨٠ لەسەر پشکی بزوتنەوەی سۆسیالیست، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا و هەر ئەو ساڵە کرایە نوێنەری بزوتنەوە لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٨١ کرایە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و هەمان ساڵ ڕەوانەی هەورامان و شارەزور کرا. لەوێ لەگەڵ هەر یەك لە شەوکەت حاجی موشیر و حامد حاجی غالی سەرپەرشتیی هەرێمی ١ی هەورامانی کرد.

ساڵی ١٩٨٢ پشتگیریی پرۆژەی یەکخستنی هێڵی گشتی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کرد و بەشداریی لە یەکەم کۆبونەوەی نێوان نوێنەرانی هێڵی گشتی و نوێنەرانی بزوتنەوەی سۆشیالیستدا کرد بە مەبەستی یەکخستنی هەردوو باڵ و پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تازە بەناوی یەکێتیی شۆڕشگێرانی کوردستان.

پاش پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کرایە ئەندامی سەرکردایەتیی ڕێکخراوە تازەکەو بڕیار درا ئەو سەرکردایەتییە پێداویستییەکانی بەستنی کۆنفرەنسی یەکەم دابین بکات. هەر ئەو ساڵە، دوا بە دوای پێکهێنانی مەڵبەندی یەك کە بارەگاکەی لەگوندی حاجی مامەند بوو، بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند.

لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کە ساڵی ١٩٨٢ بەڕێوە چوو و تێیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەماهەنگییان لە دژی پێشڕەویی سوپای پاسدارانی ئێران کرد، لەسەر ڕێگای خانە (پیرانشار)- سەردەشت بە هێزێکەوە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کرد.

لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە لەساڵی ١٩٨٣ لە گوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە کۆتایی هەمان ساڵ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٣ی لە گوندی وەرتێی ناوچەی باڵەکایەتی گرتە ئەستۆ. هەروەها لە کۆنفرەنسی دووەمدا کە ساڵی ١٩٨٤ لە هەواری کانی سێوی دۆڵی مێرگەپانی بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا، بۆ جاری دووەم بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕان هەڵبژێردرایەوە. هەر لەو ساڵەدا، لە کاتێکدا کە ئاگربڕ لە نێوان حکومەتی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئارادا بوو، لە شاری کەرکوك سەرپەرشتیی کۆمیتەی هەماهەنگیی نێوان هەردوولای کرد.

ساڵی ١٩٨٧ لە بەرگەڵووی دۆڵی جافەتی، بە بۆردومانی کیمیایی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تر بریندار بوو. هەر ئەو ساڵە کرایە جێگری مەڵبەندی ٤ی بادینان کە ئازاد هەورامی لێپرسراوی بوو. هەمان ساڵ لێپرسراوەتیی مەڵبەندەکەی گرتە ئەستۆ و تا دوای شاڵاوی هەشتەمی ئەنفال لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٩٨٩ لە پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا کە لە گوندی نۆکان بەسترا، بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و پاش یەکخستنەوەی هەردوو سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان، بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەمان ساڵ لە سەروبەندی ڕێکخستنەوەی مەڵبەندەکاندا، کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەك. ساڵی دواتر، چوو بۆ بریتانیاو تا ساڵی ٢٠٠٣ لەوێ مایەوە. ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ سلێمانی و ساڵی پاشتر لە

مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان کاری کرد.

ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کاندید کرا. ساڵی ٢٠٠٦ بەپێی ماددەی ٢ی یاسای گۆڕینی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەکاتی بەتاڵ بونی کورسیدا، کرایە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق. ساڵی ٢٠١٠ وەك ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق خانەنشین کرا.

## عومەر عەلی فەرەج



کادیری دێرینی ڕێکخستن. ناسراو بە وریا ئاغجەلەری. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی ئاغجەلەر. دەرچوی ساڵی ١٩٧٨ . ١٩٧٩ی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ. مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە، کاتێك لە پۆلی سێی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بوو.

نزیکەی ساڵێك پاش پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە، لە ئەیلولی ١٩٧٩ دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی دو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لە شوباتی ١٩٨٢ دا لەگەڵ پێکهێنانی کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵدا کە یەکەم لێپرساوی ئەحمەد کرێکار بوو، بوو بە ئەندام تێیدا. لە ئایاری ساڵی ١٩٨٣ وازی لە ئیشوکاری ڕێکخستن هێنا، روی لەکاری عەسکەری کردو کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٢١ی کەرکوك کە لەو کاتەدا حەسەن حەمید، ناسراو بە مام ڕۆستەم، فەرماندەی تیپەکە بوو. لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا وازی لە کاری عەسکەری هێنا و بەشداریی لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵدا کرد و بۆوە بە ئەندام تێیدا. ساڵی ١٩٨٥ ماوەیەك لێپرساوەتیی کەرتەکەی گرتە ئەستۆ.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ دا لە بەشی کاروباری کۆمەڵایەتیی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان کاری کرد. لە قۆناغی ئەنفالەکاندا لەگەڵ مەفرەزەیەکی تیپەکەدا تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ وەك پارتیزان لە سنوری هەردوو تیپی ٢١ی کەرکوكو ٢٥ی خاڵخاڵان مایەوەو دواتر لەگەڵ مەفرەزەی تیپی ٢١ی کەرکوکدا لە بارەگاکانی سەر سنور لە بلەکێو چیوەروو، ماوەیەکیش لە شاری سەقز، گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە ڕاپەریندا کردو لەو ماوەیەدا هەندێ ئیشوکاری لۆجیستیکیی لە قەڵاچوالان پێ سپێردرا. دواتر، کرایە لێپرساوی کۆمیتەی بەرەی کوردستانی لە قەڵەمڕەوی چەمچەماڵ.

پاش ڕاپەڕینو لە چوارچێوەی بەرنامەی پەرەپێدانی توانای کادێراندا، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ دا بەشدار بوو لە یەکەم خولی پەیمانگای کادیران لە هەولێرو پاش تەواو کردنی خولەکە کرایە ئەندامی مەڵبەندی دوی ڕێکخستنی کەرکوك کە لێپرساوەکەی کوردۆ قاسم و بارەگاکەی لەگوندی گۆپاڵە بوو.

ساڵی دواتر وازی لە کاروباری ڕێکخستن هێنا و لەبەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کەرکوك لە دەربەندیخان خزمەتی کرد. لەئایاری ساڵی ١٩٩٥ دا لە دەزگای زانیاری لە قەڵاچوالان کاری کرد بەڵام پاش ساڵێك گەڕایەوە بۆ سەر کاروباری ڕێکخستنو لەو هەڵبژاردنەی کە لەدەربەندی بازیان ئەنجام درا، بوو بە کارگێڕی مەڵبەندی دوی ڕێکخستنی کەرکوك کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لە تەکیە بوو. ساڵی ٢٠٠٧ بوو بە جێگری لێپرساوی مەڵبەند.

ساڵی ٢٠٠٥ دوا بەدوای پێکهێنانی مەڵبەندی ١٥ی چەمچەماڵ، بە هەمان پلەی خۆی ڕاژەی لە مەڵبەندی کەرکوکەوە بۆ مەڵبەندی چەمچەماڵ گواستەوە. لە ئەیلولی هەمان ساڵ خانەنشین کرا.

## عومەر فەتاح حسێن



سەرۆکی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی وەزیرانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی ماوەت. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە ساڵی ١٩٦٠ لە هەڵەبجەو دوا ناوەندیی لە ساڵی ١٩٦٥ لە سلێمانی تەواو کردووە و دەرچووی کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی موسڵە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦١ دەست پێدەکا، کاتێك دەبێتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٦٨ بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی و ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و لێپرسراوی لقی بادینانی یەکێتیی قوتابیان. ساڵی دواتر بووە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پارتی لە موسڵ و ئەندامی لقی بادینانی پارتی.

ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. هەر ئەو ساڵە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی موسڵ بەدەست هێنا و بەئەندازیار لە فەرمانگەی ئەوقاف دامەزرا و پاشان گوێزرایەوە بۆ بەڕێوەبردنی خۆجێ.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە ڕیزی ڕێکخستنی نهێنیی کۆمەڵەدا درێژەی بە هەڵسوڕانی سیاسیی خۆی دا.

ساڵی ١٩٨٤ لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە لە مێرگەپان بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و دوای ئەمە بە ساڵێك بووە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٦ ئەرکی لێپرسراوی دادگای باڵای شۆڕشی لەمەڵبەندی ٢ کەوتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە بووە لێپرسراوی ڕێکخراوی ٤ی کۆمەڵە لە سنوری مەڵبەندی ٢ و ساڵی دواتر جگە لەهەڵسوڕانی وەك لێپرسراوی ڕێکخراو، لێپرسراوەتیی کاروباری داراییی مەڵبەندی ٢ی گرتە ئەستۆ.

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١، بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی مەکتەبی ڕێکخستنی پێ سپێردرا. لە سەردەمی ئەودا مەکتەبی ڕێکخستن یەکەم پەیمانگای کادیرانی لە هەولێر دامەزراندو گۆڤارێکی فیکریشی بە ناوی «ڕێبازی نوێ» دەرکرد.

ساڵی ١٩٩٣ بووە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کە بڕیار بوو لە هەشت ئەندام پێك بێ، چواری لە یەکێتی و چواری لە پارتی. بەم پێیە، یەکێتی چوار کاندیدی بۆ دەستەکە دیاری کرد کە ئەندامەکانی، جگە لە تاڵەبانی، هەر یەک لە کۆسرەت ڕەسول عەلی و عومەر فەتاح و ڕەسول مامەند بون. هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی مەکتەبی داراییی وەرگرت و بۆ ساڵی پاشتر بووە ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی. ساڵی ١٩٩٦

لێپرسراوەتیی دەزگای زانیاریی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٠ بووە لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگەو جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لە ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەڵبژێردرایەوەو لە ساڵی ٢٠٠٤دا بووە سەرەك وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاش یەکخستنی هەردوو ئیدارەو پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش دوا بەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥، بوە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمدا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو دواتر بووە ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی. یەکێ لەو سەرکردانەیە کە تاڵەبانی بۆ راییکردنی کاروباری حزب پشتی پێ بەستون. لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، بەشێکی گرنگی پێشکەوتنی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٤ بە دواوە، لەسەر دەستی ئەو هاتۆتە دی.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بووە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی.

## عومەر قادر عەلی



کادیری دێرینی ڕێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە. دەرچوی بەشی کیمیای کۆلیجی زانستی زانکۆی سلێمانییە.

پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە، کاتێك تەمەنی ١٧ ساڵ و خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی بووە. لەو قۆناغەدا دەستێکی باڵای لە پەرەپێدانی ڕێکخستنەکان و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەدا هەبوە. لە ساڵانی دواتردا لەکۆمیتەی ئاگردا کاری کردوەو لەم ڕووەوە توانیویەتی تەونێکی ڕێکخراوەیی بەهێز لە ناو کەرکوك دروست بکات.

لە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨١دا کۆمیتەی ئاگر چەند گورزێکی سەختی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعسەوە تێسرەوێنرا و دەیان ئەندامی لێ گیرا کەبەشێکیان لەسێدارە دران. لە ڕەوتی پرۆسەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کۆمیتەکەدا لە بەهاری ١٩٨١دا لەکۆبونەوەیەکدا لە شاری کەرکوك کە دلێر ئەحمەد شوکریی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ سەرپەرشتیی کردووە، بڕیار درا کاکەڕەش سدیق ببێ بە لێپرسراوی کۆمیتەکەو عومەر قادر ببێ بە جێگری لە کاروباری رۆژئاوای کەرکوکدا.


هەر لەو ماوەیەدا بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد. لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا دەزگا ئەمنییەکان هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەی لە گەڕەکی شاترلوی کەرکوك و خۆی و هادیی برا بچوکیان دەستگیر کرد. لە بارەگای دەزگای تایبەتی لێکۆڵینەوەی کەرکوك خرایە ژێر ئەشکەنجەدانێکی درندانەوەو لە لێکۆڵینەوەدا ئەوەی خرایە پاڵ کە لێپرسراوەتیی باڵای لە کۆمیتەی ئاگردا هەیەو بەشداریشی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەدا کردووە، بەڵام ئەو هیچی بۆ نەسەلماندنو دواتریش لەگەڵ ٢٠ ئەندامی تردا فەرمانی زیندانی کردنی بۆ دەرچوو. بەڵام لەم مەینەتییەدا هادیی برای بێسەرو شوێن کرا. لە تەموزی ١٩٨٢ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

پاش ئازادکردنی، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەوە کردەوەو لە کەرتی شەهید سیروان کاری کرد.

پێش هەڵایسانی شەڕ لە نێوان ئەمریکاو عیراق، لە ساڵی ۲۰۰۲دا وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ قۆناغی پاش هەرەس هێنانی ڕژێمی بەعس، ڕێکخستنەکانی کەرکوك بەسەر شەش کەرتدا دابەش کران و لەم بوارەدا عومەر قادر لێپرسراوەتیی جێگری لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کەرکوك و بەرپرسیارێتیی کەرتی ڕێکخستنی گەڕەکەکانی شاترلو، ئەڵماس، عەرەفە، حەمام عەلیو قۆریەی پێ سپێردرا.

پاش هەرەس هێنانی ڕژێمی بەعسو ڕێکخستنەوەی مەڵبەندی ۲ی ڕێکخستنی کەرکوك، کرایە کارگێڕی مەڵبەند. ساڵی ۲۰۰۷ لێپرسراوەتیی فایلی تورکمانی کەرکوکی پێ سپێردرا و لە ساڵی ۲۰۱۱دا کرایە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کەرکوك.

## عومەر کوڵکنی*



فەرماندەی کەرت. ناوی تەواوی عومەر محەمەد عەبدولقادر. لەدایکبوی ساڵی ۱۹۶۵ی گوندی کوڵکنی ناوچەی شارەزور. لە ساڵی ۱۹۷۱ دا خراوەتە بەر خوێندن. بنەماڵەکەی لە سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی بیستەمەوە پەیوەندیی بە هێزی لەگەڵ بزوتنەوەی کوردایەتیدا هەبووە. باوکی، حاجی محەمەد کوڵکنی، ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە. برا گەورەکەشی، عوسمان، لە ساڵی ۱۹۷۷ بوەتە ئەندامی کۆمەڵەو لە ساڵی ۱۹۷۹دا بوەتە پێشمەرگە. ئەم ژینگەیە ڕۆڵێکی دیاری لەپەرەپێدانی هەستی کوردایەتییدا هەبوە.

لە ساڵی ۱۹۷٦دا خۆیو عوسمانی برای، هاوکاریی مەفرەزە سەرەتاییەکانی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشیان کرد لە ناوچەکەدا. مێژوی پەیوەندی کردنی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ ساڵی ۱۹۷۸ دەگەڕێتەوە. لەو ماوەیەدا وەك هەڵسوڕاوێکی زرنگی ڕێکخستن ئەرکەکانی سەر شانی جێبەجێ کردوە. ساڵێك پاش پەیوەندی کردنی بەڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەوە، عوسمانی برای پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. ئەمەش هاندەرێکی گرنگ بوو بۆ زیاتر هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ۱۹۸۱ دوا بەدوای شەهیدبونی عوسمانی برای، لەسەر ڕاسپاردەی باوکی، چەکی براکەی کردە شانو بووە پێشمەرگە. سەرەتا ژیانی پێشمەرگایەتیی لە سنوری شارباژێڕ دەست پێکرد، دواتر گوێزرایەوە بۆ سنوری کەرتی ٤ی هەرێمی یەکی هەورامان.

لە ساڵی ۱۹۸٥دا، پاش چوار ساڵ پێشمەرگایەتی، کرایە فەرماندەی مەفرەزەو لە ساڵی ۱۹۸۸دا پلەی فەرماندەی کەرتی پێ درا. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی کارای لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی قەیوان-ماوەتو گرتنی قەرەداغو سەنگاو (۱۹۸٦)و ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری (۱۹۸۷)و شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی ۳ (۱۹۸۸).

لە ساڵی ۱۹۸۸دا لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا خۆیو محەمەد سیاسی ڕۆڵی سەرەکییان لەدەربازکردنی هێزێکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بینیو لەم سەروبەندەدا سکرتێری حزبی دیموکرات، عەبدولڕەحمان قاسملو، هەردوکیانی خەڵات کرد.

لە قۆناغی پاش ئەنفالەکاندا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی، لەوانە سەریاس هاواریو فازل شیرەمەڕی،

لەسەر سنور لەگوندی سورێن بنکەیەکی پارتیزانییان دانا و لەم رووەوە چەند جارێك لە چوارچێوەی هەڵسوڕانی مەفرەزە پارتیزانەکاندا دابەزینە ناوچەکانی شارەزورو سلێمانی. لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەرکەکانی لە چوارچێوەی نەخشەی دانراودا بەڕێکوپێکی جێبەجێ کرد. هەر ئەو ساڵە بەشدارییەکی کارای لە شەڕەکانی سلێمان بەگدا کردو روبەڕوی هێزەکانی مجاهیدینی خەڵقی ئێران بۆوە کە لەو کاتەدا شان بەشانی هێزەکانی رژێمی عیراق بەشدار بون لە سەرکوت کردنی راپەڕینی کوردستاندا.

لە٢٣ی ئابی ١٩٩٤دا لە شەڕی ناوخۆدا لە سەید سادق شەهید کرا.

عوسمان کوڵکنی: لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٣ی گوندی کوڵکنی ناوچەی شارەزور. برا گەورەی عومەر کوڵکنی. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی یەکی هەورامان. پاش دوو ساڵ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە. لە١٧ی ئابی ١٩٨١دا لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگوندی شیرەمەڕی شارەزور شەهید کراوە.

## عومەر مستەفا



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. ناسراو بە عومەر دەبابە و کاکی کاکان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٢٣ی گەڕەکی قەڵات لە کۆیە. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی مەهابادی. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی لە کۆیەو ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٦ لە کۆلێجی ماف وەرگیرا. لە تەمەنی خوێندکاریدا تێکەڵاوی ژیانی سیاسەت بوو. رۆڵی سەرەکیی لە پەیوەندی کردنی جەلال تاڵەبانی بە پارتی دیموکراتی کوردەوە هەیە. بەشدارییەکی کارای لەو خۆپیشاندانانەدا کردووە کە لە بەغدا لە دژی سیاسەتەکانی رژێمی پاشایەتیی عیراق ساز دەکران. ساڵی ١٩٥١ خوێندنی لە کۆلێجی ماف تەواو کردو بۆ ساڵی پاشتر دەستی بە پیشەی پارێزەری کرد.

لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەئازاری ١٩٥١ لە بەغدا بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی سێیەمی پارتیش لە کەرکوك لە کانونی یەکەمی ١٩٥٣ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە. پاش گەڕانەوەی باڵی هەمزە عەبدوڵڵا بۆ ناو پارتی لە ساڵی ١٩٥٥دا، لیژنەیەکی ناوەندیی تازە پێك هات کە یەکێ لە ئەندامەکانی عومەر مستەفا بوو.

پاش روخانی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆمار لەعیراق لەتەموزی ١٩٥٨، لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٩ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوەو لە ساڵی ١٩٦٠دا یەکێ لەو کەسانە بوو کە داوای مۆڵەتی فەرمییان لەوەزارەتی ناوخۆی عیراق بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. پاش وەرگرتنی مۆڵەت و بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی پارتی لە بەغدا، دیسان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە.

ساڵی ١٩٦٤ لە سەروبەندی سەرهەڵدانی قەیران لە ناو سەرکردایەتیی پارتیدا، پشتگیریی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد کە خۆیشی ئەندام بوو تێیدا. پاش پێکادانی چەکداری نێوان هەردوو باڵ، لەگەڵ

ئەندامەکانی تری مەکتەبی سیاسی پەنای بۆ ئێران بردو لە هەمەدان گیرسایەوە. ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی، بە ڕەزامەندیی مەلا مستەفا بارزانی، گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە دۆڵەڕەقە وەك دەستبەسەر مایەوە. پاش زیادبوونی مەترسییەکانی تیرۆر کردن، لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پێشوو، گەڕایەوە بۆ شارەکان و لە چوارچێوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ڕەزامەندیی حکومەتی عیراق، دەستی بە هەڵسوڕانی سیاسی کردەوە.

دوا بەدوای ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٧٠ی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و حکومەتی عیراق، پشتیوانیی لە تێکهەڵکێش کردنەوەی هەردوو باڵی پارتی کرد بەڵام لەم سەروبەندەدا هیچ پۆستێکی باڵای وەرنەگرت. ساڵی ١٩٧٤ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا بە ئەرکی نیشتمانیی خۆی زانی کە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە بکا.

پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عیراق و ئێران لە ئازاری ١٩٧٥دا و لە کاتێکدا کە هێشتا بڕیاری کۆتایی هێنان بە شۆڕش نەدرابوو، لە کۆبوونەوەی بەرپرس و کادیرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا پێشنیاری کرد مەکتەبێکی عەسکەریی نوێ هەڵبژێردرێ و هێزی پێشمەرگە ڕێك بخرێتەوەو بەرنامەیەکی گونجاو بۆ درێـژەدان بە شۆڕش دابنرێ، بەڵام ئەم پێشنیارەو چەند پێشنیارێکی تریش ڕەت کرانەوە. دوای بێئومێدبون لە ئەگەرەکانی کاراکردنەوەی شۆڕش، بڕیاریدا لە شاری ورمێ لە ئێران بگیرسێتەوە.

لە نیسانی ئەو ساڵەدا لە ورمێ لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا بۆ تاوتوێکردنی کاروباری کورد پاش هەرەس هێنانی شۆڕش بەشدار بوو. بەشداربووانی کۆبوونەوەکە پێکهاتبوون لە عەلی عەسکەری، خالید سەعید، عەلی هەژار، برایم ئەحمەد، کاردۆ گەلاڵی، جەمال حەکیم ئاغا، ڕەسول مامەند، ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، سەلیم ئاغۆك، تاهیر عەلی والی و کەمال محێدین. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە بۆ عیراق، حزبێك پێك بێنن و دەست بە جموجوڵی سیاسی بکەن. بەڵام پاش ئەوەی کە ئەندامانی گروپەکە گەڕانەوە بۆ عیراق، ڕژێمی عیراق بەسەر شارەکانی باشوورو ناوەڕاستدا بڵاوەی پێ کردن.

لە ئایاری ١٩٧٥دا لەگەڵ ساڵح یوسفی و عەلی عەسکەری و ڕەسول مامەندو چەند کادیرێکی تر بەشدار بوو لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا و پاش دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی و عەلی عەسکەری ڕۆڵێکی کاریگەریان لەبردنی بزووتنەوە بۆ ناو یەکێتی گێڕا. پەیوەندی و نامەو نامەکاریی نێوان بزووتنەوەو تاڵەبانی، زۆرتر لە ڕێی عومەر مستەفاو خالید سەعیدەوە بەڕێوە دەچوو.

ئەو دەستە چەکدارەی کە لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بە فەرماندەیی مەلا شێخ حەمەدی حاجی ئۆمەرانی و حاجی شێخە بنزیری لە ئایاری ١٩٧٦دا ڕووی کردە شاخ و لە یەکەم شەوی دەرچوونیدا بەسەر بۆسەیەکی سەربازانی عیراقدا کەوت و پێشمەرگەیەکیشی لێ شەهید بوو، لە ئابی ١٩٧٥ەوە پەیوەندیی بە عومەر مستەفاوە هەبوو.

لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦دا عیراقی بەجێ هێشت و وەك نوێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیست لە ناو یەکێتی، لەدیمەشق گیرسایەوە.

لە کۆبوونەوەکانی ٣١ی ئاب-١٢ی ئەیلولی ١٩٧٧ی ناوچەی برادۆست کرایە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە دەرەوەی وڵات. لە شوباتی ١٩٧٩ گەڕایەوە بۆ کوردستان، لە ناوزەنگ

گیرسایەوەو بۆ یەکەم جار بەشداریی لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا کرد.

لە مانگی ئازاردا لە سەروبەندی جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی، دژی جیابوونەوەکە وەستایەوەو کەوتە گەڕ بۆ زیندووکردنەوەی بزووتنەوە. لەو سەروبەندەدا بە هەوڵ و تەقەللای ئەوو تاڵەبانی، کۆمەڵێك لە کادیرەکانی ڕێکخستنی شارەکان بانگهێشت کران و لەوانە سەرکردایەتییەکی تازە بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیست دروست کرا.

لە پایزی ۱۹۸۲ پشتگیریی پرۆژەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تازەی لە تێکەڵ کردنی بزووتنەوەی سۆشیالیست و هێڵی گشتی کردو بەم پێیە لە ۱۱ی ئەیلولدا یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێك هات کە عومەر مستەفا یەکێ لە ئەندامانی سەرکردایەتیی بوو. بەڵام ساڵی ۱۹۸۳ کاتێك کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەگوندی خەتێ لە ناوچەی خۆشناوەتی بەسترا، بە هۆی نالەباریی باری تەندروستیەوە، خۆی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی کاندید نەکردو لێرە بەدواوە وردە وردە لە هەڵسوڕانی سیاسی دەرکەوتەوە.

لە ۲۹ی کانونی دووەمی ۱۹۹۲ لە کاتی بەسترانی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، لە ناو هۆڵی کۆنگرە لە سلێمانی بە هۆی وەستانی دڵەوە کۆچی دوایی کردو دواتر لە گۆڕستانی کەکۆن لە کۆیە بە خاک سپێردرا.

کاکەمەم بۆتانی لە دەستپێشخەرییەکی ناوازەدا سێ بەرگی لە کتێبێك بە ناوی «کاکی کاکان» لەسەر عومەر مستەفا دەرکرد. بەرگی یەکەمی بە ناونیشانی «کاکی کاکان: مرۆڤ و روناکبیرو شۆڕشگێڕ» دەرچووەو بەرگی دووەم و سێیەمی بە ناونیشانی «کاکی کاکان: لە یادەوەریی هاوەڵانیدا». کتێبەکە، بەتایبەتی بەرگی دووەم و سێیەم، بۆ گێڕانەوەی بیرەوەریی هەڤاڵەکانی تەرخان کراوە لەوانە تاڵەبانی، مستەفا ساڵح کەریم، کەریم ئەحمەد، موحسین دزەیی، دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی، خالید دلێر، زاهیر ئەحمەد هەناری، فازل میرانی، عەدنان موفتی، موشیر حەمە غەریب، کەمال موفتی، عومەر شێخموس، دکتۆر فوئاد ئەحمەد بابان و سەعدی ئەحمەد پیرە. کتێبەکە، بە هەر سێ بەشەوە، وردەکارییەکی زۆری دەربارەی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی عومەر مستەفا پێشکەش کردووەو چەردەیەك زانیاریی تازەشی دەربارەی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان خستۆتە بەر دەست.

هەروەها لە ساڵی ۲۰۱۸دا سامی قادر لە یادی ۲۶ ساڵەی کۆچی دوایی عومەر مستەفادا، وتارێکی لە ژمارە ۷٤۷۸ی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دا بڵاوکردەوە. وتارەکە زۆرتر بایەخی بەو هەلومەرجە داوە کە تێیدا نازناوی «دەبابە» بەسەر عومەر مستەفادا براوە.

## پاشکۆ

### چەند یادەوەرییەك لەگەڵ کاکی کاکان دا
### نوسینی: عەدنان موفتی

کاکی کاکان عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) زۆری لەسەر گوتراوە، زۆریشی لەسەر نوسراوەو دەنوسرێت. کەڵە سەرکردەی کوردایەتی و شۆڕش. زیاتر لە ٦۰ ساڵی تەمەنی جیا ناکرێتەوە لەڕێبازی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ۱۹٤٦، ئەندامی سەرکردایەتیو دواتریش مەکتەبی

سیاسی بووە. سەرکردەیەکی دیار بوو لە خەباتی نهێنی و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و جۆشدانیان بۆ خەبات.

مام عومەر هەمیشە پێشەنگ بوو لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی و شان بەشانی چالاکییەکانی وەك پاریزەر و دادپەروەر. دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥ یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هەڵگیرسێنەرانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

دڵنیام هاوڕێ و دۆستەکانی بە تێرو تەسەلی باسی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیو رۆڵی دیارو پڕ سەروەریی ئەویان کردووەو نووسیویانە. من وەك کەسێکی نزیك لەو، بەڵام لە نەوەیەکی تری دوای خۆی، سەرەتا بە حوکمی دۆستایەتی و خۆشەویستی و پەیوەندیی نزیکی ئەو لەگەڵ شەمسەددین موفتیی مامم، دواتریش لە دەرەوەی وڵات لە نزیکەوە خۆی و سورەییا خانی هاوسەری و منداڵەکانی نەبەزو نازمم ناسی، بۆم دەرکەوت بناغەی ئەو رێزو خۆشەویستییەی مام جەلالو مام شەمسەددینو دەیان کەسی تر بۆ مامە عومەر لەکوێوە هاتووە.

جاری با باسی پەیوەندیی نێوان مامم شەمسەددین و مام عومەر بکەم کە سەرەتاکەی بۆ سەرەتای پەنجاکان دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەندێك جار جیاوازیی بۆچوون و بیروڕاشی تێدەکەوت، بەڵام ئەو پەیوەندییە تایبەتو نەگۆڕ بوو.

ساڵی ١٩٦٨ سەردانی تارانم کرد، زیاتر بۆ بینینی مامم شەمسەددین کە ئەوسا نوێنەری مەلا مستەفا بارزانی بوو لەو وڵاتەدا، مام عومەریش لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی لە بەغدا بوو. یەکەم پرسیاری مام شەمسەددین بەر لەوەی ئەحواڵی خانەوادەو خوشك و براکانی خۆی بپرسێ، وتی: ئەخباری کاك عومەر چییە؟ منیش سەرەتا سەرم سوڕما! ئەوە چۆنە لە دوو پێگەی سیاسیی جیاوازو لە بارودۆخی ناکۆکی ئەو زەمانە پێش هەموومان مامم بۆ وا لە کاك عومەر دەپرسێ؟ دواتر ئەو پرسیارەی مام شەمسەددین بووە هۆی ئەوەی کەدوو راستیم بۆ دەربکەوێت: یەکەمیان: پەیوەندیی برادەرایەتی و مرۆیییانە لە سەرووی ناکۆکیی سیاسییەوەیە. دووەمیان: ناکۆکیی سیاسی شتێکی کاتییە دێت و دەڕواو گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و دووبارەش، دەبێتەوە، بەڵام دۆستایەتیی راستەقینە یەکجار دەبێت. یەکجاریش دەڕوات و دووبارە نابێتەوە. بۆیە لێرەوە مام عومەرم خۆش ویست.

ساڵی ١٩٧٤ منیش وەك پێشمەرگەیەك پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کردبوو، لە ئەمینداریێتیی دارایی‌و ئابووری لەگەڵ کاك عەلی عەبدوڵڵا کارم دەکرد کە ئەمینداری گشتی بوو لەو ئیدارە خوجێییەی کە سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا رایگەیاندبوو. مام عومەریش جار جار سەردانی کاك عەلی دەکردو منیش لە نزیکەوە ناسیم، کە زانیشی شەمسەددین ماممە، بە عەدنانی برازا بانگی دەکردم.

لە هاوینی هەمان ساڵدا بوو، لە ماڵی مامم لە چۆمان ئەوکات ئەویش ئەمینداری گشتیی کشتوکاڵو غابات بوو. مامە عومەرو شەهید عەلی عەسکەری ئەو شەوە میوانی بوون. تا بەیانی نەنوستن و هەر باسی بەسەرهاتی خۆیانو بیرەوەرییەکانیان دەگێڕایەوە. بە شێوەیەك کە قاقای پێکەنینیان نەدەبڕایەوە، هەندێك جاریش دەهاتنە سەر باسی وەزعی شۆڕش و دەنگوباسی بەرەکانی شەڕ دژی هێزەکانی سوپای عیراق.

سەرکردایەتیی شۆڕش داوای لە شەهید عەلی عەسکەری کردبوو، سەرپەرشتیی هێزێکی تایبەت بکات بە ناوی هێزی قەندیل بۆ ئەوەی پشتگیری لە پێشمەرگە بکات لە بەرەکانی شەڕ لە ناوچەی

باڵەکایەتی کە تێیدا هێزەکانی حکومەتی بەغدا پێشڕەوییان کردبوو، مام عومەر بە کاک عەلیی دەگوت: دەبێ ئەو مەسئولییەتە قبووڵ بکەیت.

لەو شەوەدا بە ڕاستی زانیم پەیوەندییەکانی نێوان مام شەمسەددینو مام عومەرو کاک عەلی عەسکەری پەیوەندییەکی زۆر تایبەتە. هەر لەو شەوەدا شێوەی قسەو باسیان دەگۆڕا. هەندێك جار بە نازناوی خۆشەویشتی لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد، شەمسەددین دەبووە شەماڵ و عەلی عەسکەری دەبووە عەلەکەو عومەر دەبابەش دەبووە کاکی کاکان.

دوای هەرەسی شۆڕش لە ١٩٧٥، پێش گەڕانەوەی مامە عومەرو کاک عەلی عەسکەری، چەندین جار باس لە ئایندە دەکرا و چ پێویستە بکرێت. ئەوەی کە دەوترێت و نوسراوەو لە بەشێکی ئاگادارم، ئەو بڕیارە بوو کە درا، بە هۆیەوە ئەوان و سەدان تێکۆشەری تری گەلەکەمان بەڵێنی بەردەوامبوونیان دا لە خەباتو قووڵنەکردنی خۆ بەدەستەوەدان بە ئیرادەی حزبی بەعس و حکومەتی بەغداو هەر واش کرا.

ئەوان لە بەغدا لەگەڵ هاوبیرانی تر بزوتنەوەی سۆسیالیستیان دامەزراند، مام شەمسەددینو دکتۆر مەحمود عوسمان و خوالێخۆشبوو قادر جەباری و بەندەو دەیان ئەفسەرو کادیری شۆڕشی ئەیلول هەر زوو پەیوەندیمان بە مام جەلالەوە کرد کە لە سوریا لەگەڵ دکتۆر فوئاد مەعسوم و کاک عادل موراد و کاک عەبدولرەزاق عەزیز میرزا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان دامەزراندبوو.

مام عومەر دوای هەرەسی ١٩٧٥و گەڕانەوەی بۆ عیراق وەك هەزاران تێکۆشەری تری میللەتەکەمان، لە لایەن حکومەتی بەغداوە بۆ شارەکانی باشووری عیراق گواسترایەوە، ڕۆژێك حکومەتی عیراق بانگی دەکەنو داوای لێ دەکەن لەگەڵ مام جەلال قسە بکات و داوای لێ بکا بگەڕێتەوە عیراقو هەر داوایەکیشی هەیە لەگەڵ ئەواندا باسی بکات. ئەویش دەڵێت: دەبێ بچم ببینم. بەم شێوەیە بۆ بینینی مام جەلال دەچێتە سوریا، ئەم سەردانەشی وەك تەکتیك دەبێت بۆ بینینی مام جەلال و ڕاگۆڕینەوەو تەگبیرکردن کە دواتر لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشدا لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە ئەوکات ناوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو، بڕیار دەدا بزوتنەوە بچێتە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەمەش کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر پەیوەندیو هەنگاوەکانی دواتری خۆی و ئەو هەڤاڵانەی کە بزوتنەوەیان دروست کردبوو.

هەر زوو چەند مەفرەزەیەکی سەرەتایی روویان کردە شاخ بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش. مام عومەریش یەکێك بوو لەو سەرکردە دیارانەی ئەوسای ئەو مەفرەزانە.

مام عومەر بۆ جاری دووەم بە هاوڕێیەتیی شەهید دکتۆر خالید سەعید لە شاخەوە بە ڕێگای تورکیادا هاتەوە سوریا، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی کاک سالار عەزیز وەك نوێنەری کۆمەڵە. لە ڕێگا چاوی بە لێپرسراوانی قیادەی موەقەت دەکەوێت. هەوڵی دەستپێکردنی پەیوەندییەکی ئاسایی دەدات لەگەڵیاندا، بۆ ئەو مەبەستەش خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق لێپرسراوی قیادەی موەقەت بوو لەو شوێنەدا، لەگەڵ خۆیدا دەیباتە سوریا. دواتر ئەم هەنگاوە کاریگەریی هەبوو بۆ ئەنجامدانی یەکەم کۆبوونەوە لە نێوان مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی کە لە لەندەن لەساڵی ١٩٧٧ بەڕێوە چوو. لەوێ ڕێککەوتنێکیان ئیمزا کرد بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیو هاوکاریکردنی یەکتر لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا، بەڵام بە داخەوە بە هۆی گرژییەکان و ڕووداوەکانی ناوەوە هیچ لایەك پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبوو.

مام عومەر ئەو ماوەیە لە سوریا مایەوە. شەهید دکتۆر خالید سەعید و خوالێخۆشبوو ڕەسول مامەند

که بە سەردان بۆ چەند هەفتەیەك هاتبوونە سوریا، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمانو مام شەمسەددینو کاك عەونی قەلەمچی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب و نوێنەری کۆڕی نیشتمانیی عیراق بوو و هاتبوو بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان بکات، هەموویانو بەندەش بە ڕێگای تورکیا ، بە هاوکاریو هەماهەنگیی برادەرانی کوردی تورکیا دەگەڕێنەوە کوردستان. چەند مانگێك پێشتر مام جەلالیش بە هەمان ڕێگادا گەڕابۆوە کوردستان.

پێش گەڕانەوەیان، جارێکیان مام جەلال و شاندی یەکێتی کە کاك عومەریشی لەگەڵ دەبێت، سەردانی سەرکردایەتیی نەتەوەیی حزبی بەعسی سوریا دەکەن، لە لایەن ئەندامێکی ئەو سەرکردایەتییەوە کە ناوی جۆرج سدقنی بوو، پێشوازییان لێ دەکرێت، مام جەلالیش کاك عومەری پێ دەناسێنێت لەگەڵ باسکردنی ڕۆڵی ئەو لە خەبات و کاریگەریی‌و دەستپێشخەریی ئەو لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا.

دوو ڕۆژ پاش ئەو دیدارە، لە بارەگای کۆڕی نیشتمانیی عیراق کە یەکێتیش ئۆفیسێکی لەو بارەگایە هەبوو، مام عومەرو برادەرانی تریش لەوێ بوون. مام جەلال هاتە لامان بە کاك عومەری گوت: ئەمرۆ جارێکی تر جۆرج سدقنیم دیتەوە، زۆر لە ئەحواڵی تۆی پرسی، کاك عومەریش وتی: سوپاسی دەکەم. مام جەلال لەسەر زمانی جۆرج سدقنی گێڕایەوەو وتی: «سدقنی دەیگوت دەبێ زۆر ڕێز لە مام عومەر بگرین و هەموومان بە قسەی بکەین. سوود لە خەبات و ئەزموونەکەی وەربگرین». کاك عومەریش ئەو قسانەی پێ خۆش بوو گوتی: «دیارە ئەویش پیاوێکی باشە، بە بەلاش نییە حافز ئەسەد متمانەی پێ کردووە، بۆیە بۆتە ئەندامی قیادە قەومی». مام جەلالیش گوتی: «ئەو لە کۆنگرە هەڵبژێردراوە»، کاك عومەریش پێکەنی و گوتی: «مام جەلال بەسەری تۆ وەکو یەکن»، مەبەستی ئەوە بوو کە بەعسی عیراق و سوریا وەکو یەکن، ئینجا مام جەلال گوتی: «جۆرج پرسیاری کردو وتی کاك عومەر شەست ساڵ دەبێت؟ لێرەدا کاك عومەریش جنێوێکی پێداو بە مام جەلالی گوت: «دڵنیام ئەم بەزمە خۆت داتمەزراندووە بۆ ئەوەی جنێوی پێ بدەم».

مام عومەر سەرەڕای لێپرسراوێتیی جۆراوجۆری ماوەیەك لە قامیشلۆ سەرپەرشتیی ئۆردوگاو ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کردووە کە تیایدا مەشق و ڕاهێنان بە دەیان پێشمەرگە دەکرا لەسەر چۆنیەتیی ئامادەکردنیان و فێرکردنیان بۆ بەکارهێنانی چەكو چۆنێتیی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، لە هەمان کاتدا بۆ ناردنی چەك بۆ کوردستان.

لێرەدا دوو یادەوەری هەیە جێی خۆیەتی بنوسرێنەوە. لەو سەردەمەدا بیرو بۆچوونی یەکێتیو حزب و لایەنەکانی تری کوردستانیش دژی ئەمریکاو ئیسرائیل و شای ئێران و دەوڵەتانی تری هاوپەیمانان بوو، هەم بە هۆی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ جەزائیرەوە کە شۆڕشی کوردستانی لە ناو برد، هەم بە هۆی پەیوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لەگەڵ سوریاو ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و ڕێکخراوەکانی فەلەستین کە ئەو لایەنانەیان بە دوژمن دەزانی.

جارێکیان مام عومەر لەگەڵ مام جەلال و کاك عادل مورادو کاك سالار عەزیز لە لوبنان دەبن بۆ پەیداکردنی چەك لە جەبهەی شەعبی و جەبهەی دیموکراتی فەلەستین. کاتێك کە بێ ئومێد دەبن، دەڵێن با چەك بکڕین. مام عومەریش دەڵێ: من دۆستێکم هەیە زاوای کۆییانە ئێستا لە لوبنانە ناوی دکتۆر نەجیبە لە ناوچەی حزبی کەتائیبە

(ئەوکات ئەو حزبە بە یەمین و هاوکاری ئیسرائیل و دژی فەلەستینییەکان ناسرا بوو)، گوتی: دەتوانین لە ڕێگای ئەوەوە چەك لە حزبی کەتائیب بکڕین. کاك عادلیش یەکسەر دەڵێت: شتی وا چۆن دەبێت؟ ئەوانە لە بەرەی دوژمنن، لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکان، ئەمڕۆ چەك بکڕین، سبەینێ پەیوەندی دروست بکەین، واتە ئێمەش دەبین بە بەشێك لە بەرەی دوژمنی گەلانی دونیا. مام عومەریش زۆر لەسەرخۆ دەڵێت: کاك عادل ئەمە تەنیا پێشنیازێکە تۆ ئێمەت گەیاندە باوەشی ساواك و مۆسادو میت. زۆر جاریش بە تەعلیق ئەو قسەیەی بە کاك عادل موراد دەگوتەوە.

ساڵانی دواتریش کە کاك عادلی دەبینی، پێی دەگوت ئەرێ سێ جیهانەکەت چۆنە؟ ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە چین ڕوویان دا بوو، تینگ هسیاو پینگ بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگی گۆڕیو تیۆریی تازەی دانا، ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری کردبووە سەر ڕێکخستنی ماویستەکان لە سەرتاسەری دونیادا.

یادەوەریی دووەم لە قامشلۆ بوو. ڕۆژێکیان پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول بە ناوی زەکی فەیلی خۆی گەیاندە سوریاو هاتە ناو یەکێتی، منو کاك عادل موراد و کاك عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا دەمانناسی. دواتر لە قامشلۆ لەگەڵ ئەو گروپانەدا بوو کە ڕاهێنانیان دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە کوردستان. مام عومەریش سوعبەتی لەگەڵ دەکرد، کوردییەکەشی دیار بوو جیاوازیی هەبوو لەگەڵ شێوەزاری سۆرانی.

بەیانییەك مام عومەر خەریکی ریش تاشین دەبێ، ئەو کاك زەکییە دێتە ژورێ و یەکسەر بێ پێشەکی دەڵێ: مامە عومەر، ئەرکی ئێمە لەم شۆڕشەدا زۆر قورسە، تەنیا خەبات نییە دژی دیکتاتۆریەتی ڕژێمی بەعس، بەڵکو ئێمە خەبات دەکەین دژی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان کە کورد دەچەوسێننەوەو بە حەماسەوە دەڵێت: ئێمە دژی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیانین! دەبێ ئەمانە هەموو لەناو بەرین، ئینجا دێینە سەر دەرەبەگ و دوژمنانی تری گەل و هەموویان لەناو دەبەین. کاك عومەریش لەسەرخۆ بەبێ ئەوەی واز لە تەراشەکەی بێنێت دەڵێ«تۆ فیلی. ئەمەت پێ دەکرێ».

مام عومەر لە سوریا پەیوەندیی لەگەڵ هەموو ئەو کادیرانەی یەکێتی هەبوو کە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە کوردستان و سەردانی دەکردن، بەتایبەتی ئەو ئەفسەرانەی کە لەوێ بوون، هانی دەدان بۆ ئەوەی بە حەماسەوە بگەڕێنەوەو بەشداری لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا بکەن لەوانە: شەهیدان مولازم جەمال خۆشناو، مولازم حەسەن خۆشناو، مولازم سەید کەریم هاودیانی، خوالێخۆشبوو مولازم قەرەنی و مولازم فوئاد چەلەبی.

لێرەدا با باسی تەعلیقێکی خۆشی مام عومەر لەسەر خۆم بگێڕمەوە: ساڵی ١٩٧٧ بوو، ئەوکات لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بووم، یەکەم جار بوو مام عومەر من وەك کادیرێکی سەرکردایەتی ببینێ، چونکە پێشتر ئەو هەمیشە وەك برازایەکی خۆی یان وەك گەنجێك سەیری دەکردم.

لەو کۆبونەوەیەدا منیش قسەم کردو رای خۆم لەسەر چەند مەسەلەیەك دەربڕی، یەکسەر مام عومەر وتی: تەماشا کەن عەدنانیش حەفت و هەشتی دەکات! ئیتر مام جەلالیش کردییە پێکەنین و گوتی: کاك عومەر دونیا گۆڕاوەو ڕۆژی گەنجانە. ئەویش گوتی: «بەرێ. بەرێ. خۆ هێشتا عەدنان زۆر باشترە لە دلێری برازام، ئەو نوقاتی هەیەو ئاگر دەکاتەوە».

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ دا بڕیار درا ئێمەش بگەڕێینەوە کوردستان. منو کاك عادل موراد بە پاسپۆرت و بە ناوی جیاوازەوە لە ڕێگای تارانەوە

گەڕاینەوە، بەڵام مام عومەر دەبابە و دکتۆر فوئاد مەعسوم و کاك عومەر شێخموس لە ڕێگەی تورکیاوە. بە هەمان ڕێگاش کاك عادل عەبدولمەهدی گەڕایەوە. بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆمان دانرابوو، لە شنۆ لە ماڵی خوالێخۆشبوو موراد قادری کە ئەندامی ئەوسای سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، یەکمان گرتەوە.

تا ئێستاش دیمەنەکانی ئەوێ ڕۆژێم وەك فیلمێکی سینەمایی دێتەوە بەرچاو کە چۆن هەموومان بەرەو بارەگاکانی یەکێتی لە ناوزەنگ بەڕێ کەوتین، ڕاستە ئەوکاتە ڕژێمی شا بەرەو نەمان دەڕۆیشت، لە تاران و زۆر شوێنی تر دەسەڵاتی زۆر لاواز ببوو، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێشتا جەندرمەو ساواك بەهێز بوون، ئێمە گەیشتینە نزیك دوا بازگەی جەندرمەی ئێرانی، پێش ئەوەی ئەوان هەست بە جوڵەی ئێمە بکەن، خۆمان دەربازکردو ڕوومان کردە شاخەکان لە نزیك گوندی بەنی خەڵەف، هەندێکمان بەپێیان و هەندێکیشمان وڵاغیان بۆ ئامادە کردبووین‌و بەڕێ کەوتین. بە درێژایی ڕێگای گەڕانەوەو چوونمان بۆ بارەگای یەکێتی، مام عومەر هەمیشە بە ورەیەکی بەرزەوە هەنگاوی دەناو لە قسە خۆشەکانی خۆی نەدەکەوت.

لە ساڵانی دواتریش مام عومەرم لە شوێنی جیاجیادا دەبینی، تا دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، کاتێك کە لە شەقڵاوە بووین، لە کۆبوونەوەیەکی بەرەی کوردستانیدا کە هێشتا سوپای عیراق لە هەولێرو شارەکانی تری کوردستان بوو، ئەوسا سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی ڕووبەڕووی دەیان کێشەی جۆراوجۆر ببۆوە، بە هۆی ئەو ناکۆکییانەی دەسەڵاتی هەرێم دروستی کردبوون، بەتایبەتی ململانێی خەڵك لەسەر موڵك و ماڵ و زەویوزار، بۆیە پێویست بوو دەسەڵاتی دادوەریی دابمەزرێت، ئەوە بوو هەموو لایەنەکان یەکسەر بڕیاریان دا مام عومەر دەبابە سەرۆکی ئەو دەسەڵاتە دادوەرییە بێت.

دیارە پێشتریش لە ساڵی ١٩٧٤ ئەو جۆرە لێپرسراوێتییەی هەبووە، وەك جێگری ئەمینداری گشتیی دادو ئەوقاف کاری کردبوو. چۆن ئەودەم سەرکەوتوو بوو، لەو ئەرکەشی تا گەڕانەوەمان بۆ هەولێر، لە شەقڵاوە دەیان داواو سکاڵای یاسایی هاووڵاتییانی لەسەر کێشەکان یەکلایی کردەوە.

لەو ماوەیەدا زۆر خۆشحاڵ بوو بە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی گەلەکەمان، زۆریش بە حەماسەتەوە کاری بۆ چەسپاندنی دادپەروەری‌و گیانی تەبایی‌و لێبوردەیی دەکرد. بەڵام مخابن مەرگ مەودای نەدا لەوە زیاتر لە بنیاتنانی ئەزموونی دیموکراتیی هەرێم ڕۆڵی خۆی ببینێت. ئەوە بوو لە ناو کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ لە سلێمانی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لە کوردستان و دۆست و هاوسەنگەرانی کرد. بەم شێوەیە بزوتنەوەی کوردایەتی و ئەو قۆناغە نوێیەی خەباتی گەلەکەمان کەسایەتییەك و تێکۆشەرێکی بەئەزموون و نیشتمانپەروەرێکی گەورەو خۆشەویستی لە دەست دا.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٧/١/٢٩)

## عەباس بەدری



نوسەر و ڕۆژنامەنوس. ناوی تەواوی عەباس باقر کازم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٣ی شاری بەغدا. بە ڕەچەڵەك کوردی فەیلییە و ریشەی دەچێتەوە سەر شارۆچکەی بەدرەی

پارێزگای واست کە خەڵکەکەی پەیوەندیی کەلتوریی بەهێزیان لەگەڵ پارێزگای ئیلامی ئێراندا هەیە. سەرگوزشتەی ژیانی بە شێوەیەکی چڕ گوزارشت لە نەهامەتییەکانی کوردە فەیلییەکان دەکا کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق وەگ گروپێکی بە ڕەچەڵەك ئێرانی مامەڵەیان لەگەڵدا کردونو هەمیشە گومانیان لە هاووڵاتیبونیان هەبوە.

تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندووە. لە تافی مێردمنداڵیدا ئارەزوی نوسین لە ناخیدا چەکەرەی کردو لە ساڵی ١٩٦٠، لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، ژیانی ڕۆژنامەوانیی بە کارکردن لە ڕۆژنامەی «خەبات» لە بەغدا دەست پێ دەکرد. ئەگەرچیزۆر لە ژێر کاریگەری و هەژمونی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا بووە و هیچی بە زمانی کوردی نەنوسیوە، بەڵام لە نوسینەکانیدا ڕەسەنیو گیانی کوردەواریی دەربڕیوەو هیچ کات لە بزوتنەوەی کوردایەتی دانەبڕاوە.

لە سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی بیستەمدا بەلای بیروباوەڕی چەپدا دایشکاندو زۆرتر پشتگیریی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی کرد بەڵام نەبوو بەئەندام تێیداو تەنها وەك لایەنگر مایەوە.

ساڵی ١٩٦٣ دوا بەدوای کودەتای حزبی بەعسو ناسیۆنالیستەکانی عەرەب لە دژی ڕژێمی جەنرال عەبدولکەریم قاسم و دەستپێکردنی شاڵاوی لەناوبردنی کۆمۆنیستەکان، پەنای بۆ کوردستان بردو لە ناوچەی ماوەت گیرسایەوە. لەوێ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو لە دەزگای ڕاگەیاندن کاری کرد.

ساڵی ١٩٦٤ بە ئیشوکاری حزب ڕەوانەی بەغدا کرا. لەوێ گیرا و بۆ خۆ دەربازکردن خۆی بە ئێرانی ناساند، بۆیە بەو تۆمەتە درایە دادگا کە ئێرانییەو بۆ کاروباری قاچاخچێتی بە شێوەیەکی نایاسایی دزەی کردۆتە ناو خاکی عیراق. لەم سەروبەندەدا بە




سێ ساڵ زیندانی سزا درا. لەم سێ ساڵە، دوو ساڵی لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان لە بیابانی باشور بەسەر بردو ساڵێکیشی لە بەندیخانەی حیللە. پاش بەسەربردنی ماوەی سزاکە، لە ساڵی ١٩٦٧ سنورداش کراو تا ساڵی ١٩٦٨ لە ماڵی خزم و کەسوکاری لە پارێزگای ئیلام مایەوە.

ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دامەزراندو ئەمەش ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند کە بگەڕێتەوە بۆ عیراقو لە بەغدا لە ڕۆژنامەی «نور» کار بکات کە گوزارشتی لە ڕا و سیاسەتی باڵی مەکتەبی سیاسی دەکردو بەیەکێ لە پڕتیژارترین ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی عیراق دادەنرا.

ساڵی ١٩٧٠ پاش ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو حکومەتی عیراق، لە ئێزگەی کوردیی بەغدا و دواتر لە ساڵی ١٩٧٣ دا لەگۆڤاری «ئیزاعە و تەلەفزیۆن» کاری کرد. لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٨٠دا ڕاژەی بۆ ڕۆژنامەی «ئەلجمهوریە» گواستەوە کە لەو کاتەدا سەعد قاسم حەمودی سەرنوسەری بوو. ئەم ڕۆژنامەیە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە وا دانرابوو کە بە شێوەیەکی فەرمی گوزارشت لەڕای حکومەتی عیراق بکا.

لە ساڵی ١٩٨٠دا لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوێکی تری گرتن و دەرکردن و ئاوارەکردنی فەیلییەکاندا، لە عیراق دور خرایەوە، لێرە بە دواوە، چەند ساڵێکی لە ئێران بەسەر برد. لەوێ لە ئیلام گیرسایەوە و بە هۆی گوزەرانی سەختی ئاوارەییەوەو لە سۆنگەی جەنگی عیراق- ئێرانەوە چەند ساڵێکی دژواری بە کاسبیو کرێکاری بەسەر برد.

ساڵی ١٩٨٩ فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن، پەیوەندیی پێوە کردو داوای لێ کرد وەك کادیر کار لە دەزگای ڕاگەیاندن بکا کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لە شاری سەقز بوو لە ئێران. بەم پێیە، لەو ساڵەدا دەستی بەکارکردن کرد لە ڕۆژنامەی «شەرارە»، وەك نوسەر وتاری بۆ نوسیو وەك بەڕێوەبەری نوسین کاری تێدا کرد.

کۆتایی ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی سەرنوسەریی ڕۆژنامەی «شەرارە»ی پێ سپێردرا و بەدرێژایی ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی.

شوباتی ١٩٩١ لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی زەمینیی هێزی هاوپەیمانان بۆ سەر هێزەکانی عیراق لەکوێت، لەگەڵ بەشێکی ستافی کادیرەکانی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە سەقزەوە چوو بۆ زەڵێ بۆ کارکردن لەئێزگەی دووەمی دەنگی گەلی کوردستان بە مەبەستی فراوان کردنی پانتایی ڕوماڵ کردنی ڕوداوەکان وەك خۆئامادەکردنێك بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕینێکی گشتی. لە مانگی ئازاردا پاش دەستپێکردنی ڕاپەڕینو ڕزگارکردنی ڕانیە، لەگەڵ گواستنەوەی ڕادیۆکە بۆ ڕانیەو پاشان بۆ سلێمانی بەردەوام بوو لەسەر کارکردن تێیدا.

لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی کارای لە بەشی عەرەبیی ڕادیۆکەدا گێڕا و وەك نوسەرو بێژەرو ئامادەکار کاری تێدا کرد. لە قۆناغی کۆڕەودا، لەگەڵ جێگیرکردنی ئێزگەکە لەگەڵاڵە، ئەویش لەوێ گیرسایەوەو بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی لەڕادیۆ. هەر ئەو ساڵە کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن.

لە ئەیلولی ١٩٩١دا بۆ جاری دووەم وەك سەرنوسەری ڕۆژنامە «شەرارە» کەوتەوە کارکردن لە ڕۆژنامەکەدا. ئەم خولە کە تێیدا ٧ ژمارە دەرچووە، بە هەشتەم و دوایین خولی ڕۆژنامەکە دادەندرێت. پاش بڕیاردان لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی تر لەباتی ڕۆژنامەی «شەرارە»، لەو ڕوانگەیەوە کە هەلومەرجەکە پێویستی بە ڕۆژنامەیەکی ترە کە باشتر لەگەڵ پێداویستییەکانی قۆناغی پاش ڕاپەڕیندا بگونجێ، بڕیار لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەی «ئیتتیحاد» وەك ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی عەرەبی درا و ئەرکی سەرنوسەرییەکەی بە بەدری سپێردرا. بەدری تا ژمارە ١٣ وەك سەرنوسەر کاری تێدا کردوە، پاشان دەستی لەکار کێشایەوەو قادر حاجی عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، وەك سەرنوسەر لێپرساوەتییەکەی گرتە ئەستۆو بەدری وەك جێگری سەرنوسەر تا ساڵی ١٩٩٤ بەردەوام بوو لەسەر کارکردن تێیدا، بەڵام هەر لەو ماوەیەشدا لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانو تەلەفزیۆنی سلێمانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کاری کردو ماوەیەکیش

لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانی گرتە ئەستۆ.

لە ئابی ٢٠٠١ گەڕایەوە بۆ کارکردن لەرۆژنامەی «ئیتتیحاد» و خۆی‌و مستەفا ساڵح کەریم وەك جێگرانی سەرنوسەر دەستبەکار بون.

لە خولی سێیەمی رۆژنامەی «ئیتتیحاد»دا کە رۆژنامەکە تێیدا لە بەغدا دەرچووە، بەدری لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ گوێزرایەوە بۆ بەغداو کەوتە رایی کردنی ئەرکەکانی دەرکردنی رۆژنامەکە لە بارودۆخێکدا کە تێیدا بەغدا لەگێژاوی پاشاگەردانی‌و شێواوییەکی دژواردا دەژیا. لە تشرینی یەکەمدا دەستی لەکار کێشایەوەو گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

هەموو بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبین، دیارترینیان نامیلکەیەکە بە ناونیشانی «رۆژژمێری راپەڕین» کەساڵی ١٩٩١ بلاوی کردۆتەوەو چاپی دووەمی لە ساڵی ٢٠٠٦ بلاوکراوەتەوە، تێیدا بە شێوەی بیرەوەری‌و چیرۆك و ریپۆرتاژ هەلومەرجی رۆژانەی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی لەگۆشە نیگای کارکردنی لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان گێڕاوەتەوە.

ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر راسپاردەی تاڵەبانی، وەک ئەندامی دەستەی باوەڕمەندان لە تۆڕی میدیایی عیراق کاری کرد. تا ساڵی ٢٠١٠ لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بوو.

رۆژی ١٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٥ پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی ئابلاخ بە خاك سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* شەرارە (رۆژنامە).
* ئیتتیحاد (رۆژنامە).

## عەباس عەبدولڕەزاق ئەکبەر



پێشمەرگەو هونەرمەند. ناسراو بەعەباسی ڤیدیۆ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٩ی گەڕەکی مەزرەعەی شاری خانەقین. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە خانەقین‌و بەشی کارەبای ئامادەیی پیشەسازیی لە کەرکوك تەواو کردووە. لە ساڵی ٢٠٠١دا بەکالۆریۆسی راگەیاندنی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٦٨دا پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو ئەم پەیوەندییە ئاشنایەتیی لەگەڵ بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازدا بۆ دابین کرد. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی، لە یەکێتیی قوتابیان‌و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان کاری کرد. لە ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لەو ماوەیەدا بۆ ئەوە تێکۆشاوە کە هونەرو ئایدیۆلۆژیا بە یەکترییەوە گرێ بداو لەم روەوە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی لاودا تیپی هونەریی تاڤگەی لە خانەقین دامەزراندووە کە تیپێکی شانۆی گەڕۆك بووە. دەیویست بە هۆی ئەم تیپەوە ئاستی هۆشیاریی گوندنشینان بەرز بکاتەوەو بیرۆکەکانی شۆڕشی رۆشنبیری‌و سەروەریی گەلیان پێ بناسێنێ. ئەم هەڵسوڕانەی، دەزگا ئەمنییەکانی لە تیمەکە وروژاند، بۆیە شالاوێکی گرتن لە دژی تیمەکە دەستی پێ کرد. بەلام ئەو بۆ بەغدا هەلات و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا لە بەغداوە خۆی گەیاندە چۆمان‌و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس

هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو و لە بەندەری ماشەهری پارێزگای ئەهواز نیشتەجێ کرا.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئاوارە کوردەکانی ئێران پەیوەندیی بەو ڕێکخستنانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد کە دکتۆر خدر مەعسوم سەرپەرشتیی دەکردن. بەپێی گەشەکردنی ڕێکخستنەکان لە ئێران، لە ئەهواز بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆمیتەیەکی ڕێکخستن.

ساڵی ١٩٧٩، دوا بەدوای ڕوخانی ڕژێمی شا لە ئێران، لە زەڵێ بەهۆی شاندێکی هونەرییەوە بەشداریی لە ئاهەنگەکانی چوارەم ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. لە ئەیلولی ئەو ساڵەدا، بە پشت بەستن بەسیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەکوردە ئاوارەکانی ئێرانی هان دەدا بگەڕێنەوە بۆ عیراق، بە خێزانەوە گەڕایەوە عیراقو لە سلێمانی گیرسایەوە. لەوێ لە ڕێی وەسفیە بەنی وەیسەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردەوە.

ساڵی ١٩٨١وەك نوێنەرێکی ڕێکخستنی شارەکان بە شێوەیەکی نهێنی بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا کرد. ساڵی پاشتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ماوەیەك لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ گیرسایەوەو پاشان بۆ توژەڵە بۆ بارەگای ڕاگەیاندن گوێزرایەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی هونەرمەندا تیپی شانۆی شۆڕشی دامەزراند کە تیپێکی شانۆی گەڕۆك بوو. تیپەکە چەند بەرهەمێکی پێشکەش کرد کە لە ڕوی هونەرییەوە ئاستێکی بەرزیان هەبوو.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەوڵی داوە لە ڕێی وێنەوە وردەکارییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی دیکۆمێنت بکا. بەم پێیە، بەکامیرای ڤیدیۆو فۆتۆگراف وێنەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەو ژیانی ڕۆژانەی پێشمەرگەو ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی گرتوە. یەکێ لەدیارترین چالاکییەکانی، چونێتی لەگەڵ تیپی ٩٣ی کۆیە بۆ ناو شاری کۆیەو وێنەگرتنی چالاکییەکی تیپەکە لە ناو کۆیە. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٤دا پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی لەگوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی کردەوە کەدەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. هەر لەو ماوەیەشدا بەشدار بوو لە ئاهەنگی نەورۆزی سورداش.

لە ساڵی ١٩٨٥ پەرەی بە دیکۆمێنت کردنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دا و وێنەی چەندان ئۆپەراسیۆنو شەڕی گەورەی گرت. ئەم کارە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی کورد دەستەبەر کردووە. لە ساڵی ١٩٨٨دا وێنەی بۆردومانی کیمیایی هەڵەبجەی گرتو بەشدار بوو لەناساندنی کارەساتەکە بەجیهان.


لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بریندار بووە، جارێك بە پارچەی هاوەنو جارێکیش بەچەکی کیمیایی.

ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵێکی سەرەکیی لە دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا گێڕا. ساڵی ١٩٩٢ کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن. لە ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٩ دا ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بوو. لەو ماوەیەدا چەند خەڵاتێکی لە بواری داهێنانی وێژەییدا بەدەست هێناوە لەوانە خەڵاتی ناوەندی سەلاح هەورامی (١٩٩٤)، خەڵاتی باشترین چیرۆك لە فیستیڤالی گەلاوێژ (٢٠٠٣) و خەڵاتی باشترین چیرۆك لەفیستیڤالی ئەمیتاب لەئیتالیا (٢٠٠٤).

لە ساڵی ٢٠٠٩دا کرایە بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریو هونەری سلێمانیو لە ساڵی ٢٠١٤ لێپرسراوەتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی

رۆشنبیری‌و هونەری گەرمیانی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١٥ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کرا.

## عەبدولخالق محەمەد حەمەد



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە مام عەلی، لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی زەمزەمۆکی سنوری ناحیەی گوێڕی قەزای مەخمور لە پارێزگاری هەولێر.

ساڵی ١٩٦٨ لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا و لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو لە هێزی کۆسرەت بۆتە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٧٦دا بە هۆی خالید سەعیدەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە.


دوای یەکگرتنەوەی هێڵی گشتی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان‌و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢، لە ناو ڕێکخراوە تازەکەدا کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٨٤دا بۆتە لێپرسراوی ناوچەی ٧ی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە هەولێر.

ساڵی ١٩٨٥ دەزگا ئەمنییەکان بەشێکی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانیان لە هەولێر ئاشکرا کرد، بۆیە بەخێزانەوە هەولێری بەجێ هێشت‌و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لە ساڵی ١٩٨٦دا کرایە لێپرسراوی ناوچەی شۆڕشگێڕان لە سنوری هەردوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوخ‌و دواتر لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیەدا بەشدار بووە لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێردا. لە ساڵی ١٩٨٨دا دایکی لەبۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراقدا لەگوندی سێکانیی سنوری کۆیە شەهید بوو.

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ زۆرتر لە بواری ڕێکخستندا کاری کردووە. سەرەتا کرایە ئەندامی کۆمیتەی بەردەڕەش‌و پاشان لێپرسراوەتیی کۆمیتەکەی پێ سپێردرا. دوا پلەی کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر بووە.

ساڵی ١٩٩٦ دوا بەدوای گەلەکۆمەکێی ڕژێمی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و گرتنی هەولێر، ئاوارەی شاری ڕانیە بوو و لەوێ گیرسایەوە. لە قۆناغی ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستاندا گەڕایەوە بۆ هەولێر. لە٢٣ی ئازاری ٢٠١٣دا کۆچی دوایی کرد.

## عەبدولخالق مەعروف



نوسەر و تەکنیکار. لە دایکبوی ساڵی ١٩٣٥ ی گوندی سەید عوبێدی ناوچەی کەندیناوای باشوری هەولێر. ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتیی دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی ئاینی. لە گوندی دیبەگە خراوەتە بەر خوێندن،

لە گوندی عەوێنەش خوێندویەتی. کاتێك لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بـووە، باوکی کە مەلایەکی ناسراوی ناوچەکە بووە، لە خوێندنگەی حکومی دەری هێناوەو گواستویەتییەوە بۆ خوێندنی ئاینیی نافەرمی. پێدەچێ ئەم روداوە کاریگەریی زۆری لەسەر میتۆدی بیرکردنەوەی هەبوو بێ، چونکە ئەو خوێندنگە ئاینییانە لە لایەن حکومەتەوە دانیان پێدا نەنرابوو. هەر ئەمەش بوو کە دواتر هانیدا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری فەقێکانی کەندیناوا، بەشدار بێ لە بەرزکردنەوەی نوسراوێك بۆ کارمەندە فەرمییەکانی پارێزگای هەولێر بۆ بە فەرمی ناساندنی خوێندنگە ئاینییەکان، بەڵام هەوڵەکە سـەری نـەگـرت. سـاڵـی ١٩٥٤ بـۆ خـوێـنـدن لە زانکۆی ئەزهەر چوو بۆ میسر بەڵام لەبەر ئەوەی بڕوانامەکەی لە عیراق بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدا نەنرا بوو،، ئەزهەر داواکەی رەت کردەوە.

پاش گەڕانەوەی بۆ عیراق، لە ساڵی ١٩٥٦دا بە سودوەرگرتن لە پێشینەی ئاینی، لە سوپای عیراق بووە پێشنوێژ. هەر لەو ساڵەشدا پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو لەم سەروبەندەدا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ساڵح یوسفیدا دروست کرد.

لـە تـەمـەنـی لاوێـتـیـیـەوە خـولـیـای زانـسـت و تـەکـنـەلـۆژیـای پێشکەوتوو بـووە. لـەم بـوارەشـدا هونەرێکی زۆری نواندوە تا ئەو رادەیـەی کە لە ساڵی ١٩٦٠، کاتێك لە بەغدا بووە، توانیویەتی ئێزگەیەکی رادیـۆ دروسـت بـکـات. ئـەم بەهرەیە یـارمـەتـیـدەر بـوو بـۆ سـود وەرگـرتـن لـە تـوانـا زانستییەکانی، کاتێك لە ساڵی ١٩٦٣دا پەیوەندیی بـە شـۆڕشـەوە کـردو لـە نـاوچـەی مـاوەت بـووە پێشمەرگە. لـەوێ توانی ئێزگەیەك بۆ شۆڕش لەو کەرەستانەی لەبەر دەستیدا بون دروست بکا.

ئێزگەکە لە ئەشکەوتە رەشی نزیك گوندی ژاژڵە دانرا و خرایە گەڕ، بەڵام مەودای پەخش کردنی زۆر فراوان نەبوو.

ساڵی ١٩٦٤ عەزیز شەمزینی ئامێرێکی پەخشی بۆ شـۆڕش پەیدا کرد کە مـەودای پەخش کردنی لەوەی پێشوو فراوانتر بوو. عەبدولخالق مەعروف لە هەردوو ئێزگەدا رۆڵی ئەندازیارو سەرپەرشتیاری تەکنیکیی گێڕاوە. هەر ئەو ساڵە، پاش تەشەنە سەندنی ناکۆکییەکانی نـاو پـارتـی دیموکراتی کوردستان و دابەشبونی حزب بەسەر هەردوو بەرەدا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد.

پـاش ئـاڵـۆزبـونـی رەوشـەکـە لـە سـۆنـگـەی شەڕی ناوخۆوە، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی کشایەوە بۆ ناو خاکی ئێران و لە شاری هەمەدان گیرسایەوە. لـەوێ ئێزگەیەکی رادیـۆی دروست کـرد کە پەخشەکەی تـەواوی شـاری هـەمـەدان و دەوروبەری گرتۆتەوە. دوای ئەوەی کە پێی زانرا، کاربەدەستانی ئێران دەستیان بەسەر ئێزگەکەدا گرت.

ساڵی ١٩٦٦ لە ناوپردان نیشتەجێ بوو. لە ماوەی ئاگربڕی درێژخایەتی ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٩دا، بە بەڕێوەبەری گومرگی دوکان دانرا. بەڵام لەوێ، لە سۆنگەی هەڵوێستی سیاسییەوە، تەنگی پێ هەڵچنراو دەستگیر کرا، بۆ بەغدا نێردراو لەوێوە رەوانەی موسڵ کرا. دوای ئازادکردنی، وازی لە کاری حکومی هێنا و گەڕایەوە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت.

ساڵی ١٩٧١ چوو بۆ چیکسلۆڤاکیا بۆ خوێندن لە بواری ئەلکترۆنیك و پاش ساڵێك بە بڕوانامەی دبلۆمەوە گەڕایەوە. ساڵی ١٩٧٤ کاتێك شەڕ لە نێوان کوردو بەغدا دەستی پێکردەوە، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو پاش هـەرەس هێنانی شۆڕش

گەڕایەوە بۆ هەولێر، دواتر چوو بۆ ئەڵمانیاو لەوێ بەشدار بوو لەپێکهێنانی ڕێکخراوی ئەوروپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بووە کارگێڕ تێیدا. هەر لەو ساڵەدا خۆی و دکتۆر کەمال فوئاد لە بەرلینی ڕۆژئاوا یەکەم پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لە نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دامەزراند. ساڵی ١٩٧٧ پاش گەڕانەوەی بۆ عیراق زۆرتر خەریکی بازرگانی و نوسین بوو، لەسیاسەت دوورکەوتەوە، بەڵام وەك دۆست و لایەنگری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوە. هەر کات یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئەرکی پێ سپاردبا، بەبێ هیچ دوودڵییەک جێبەجێی کردووە. ساڵی ١٩٨٤، بیر لەوە کرایەوە ئێزگەیەک وەک یەدەک لە دۆڵی بۆتێ دابنرێ و لەم سەروبەندەدا بەباش زانرا سوود لە شارەزایی عەبدولخالق مەعروف وەربگیرێ. لە تشرینی یەکەمدا مەعروف بە شێوەیەکی نهێنی لە هەولێرەوە خۆی گەیاندە دۆڵی بۆتێ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئێستگەکەی دانا. ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ هەر یەک لە برایم ئەحمەد و محەمەد ڕەسوڵ هاوار و چەند پەنابەرێکی تری نیشتەجێی بریتانیا، بەشداریی لە پێکهێنانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورددا کرد کە دەزگایەکی ڕۆشنبیری - کۆمەڵایەتییە و ئامانجەکەی پاراستن و گەشەپێدانی کەلتوری کوردی و یارمەتیدانی پەنابەرانی کوردە لە بریتانیا. دە ساڵی کۆتایی ژیانی، بە دەوڵەمەندترین ماوەی ژیانی ڕۆشنبیری و زانستیی دەژمێردرێن کە تێیدا دیارترین بەرهەمەکانی بڵاو کردەوە، لەوانە کتێبێکی دەربارەی ئیسلام کە گروپە توندڕەوە ئاینییەکان بە لادان لە ئیسلامیان دایە قەڵەم. ڕای زاڵ ئەوەیە کە پەیوەندییەك لە نێوان ئەو کتێبەو تیرۆرکردنی لە ١٠ی نیسانی ١٩٨٥دا هەیە.

عەبدولخالق مەعروف ڕێزێکی تایبەتی لە شۆڕشدا هەبوو. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کە لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان، کاتێك لە ساڵی ١٩٨٥دا چاپخانەی دانا، ناوی نا چاپخانەی عەبدولخالق مەعروف. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧دا کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، یەکێ لەکەرتەکانی ڕێکخستنی ئەو ڕێکخراوەی ناو نا کەرتی ڕێکخستنی عەبدولخالق مەعروف.

بابەتی پەیوەندیدار:

* دەنگی گەلی کوردستان (ئێزگە).

## عەبدولخالق مەعروف (چاپخانە)

چاپخانەی لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان، ساڵی ١٩٨٥ لە سەرگەڵوو لە دۆڵی جافەتی دامەزراوە. ئامێرەکانی بریتی بوون لە دوو تایپی برازەر، ڕۆنیۆی مارکەی کاتل، کەتەرو مەکینەیەکی گەورەی دەرزی. ساڵی ١٩٨٦ بۆ گوندی یاخسەمەر گواسترایەوە. ساڵی ١٩٨٧ تایپ و فۆتۆ ستێنسل و چەند پێداویستییەکی چاپخانەکە لە ئێران کڕدران و گەیەندرانە ناو وڵات، بەڵام بەر لەوەی سودیان لێ وەربگیرێ، لەهێرشەکانی ئەنفالی یەك لە ساڵی ١٩٨٨ لە دۆڵی جافایەتی بەجێ هێڵدران.

چاپخانەکە بە دوو کادیر بەڕێوە دەبرا کە بریتی بوون لە حەمە کەریم عارف و ئەحمەد عارف. لەو چاپخانەیەدا ژمارەکانی نێوان ٧-١٤ی گۆڤاری «گزنگ»و ژمارەیەکی گۆڤاری «نوسەری کوردستان»و چەند ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆك و دیوانە شیعرێك چاپ کراون.

## عەبدولڕەحمان سیوەیسی



پـێـشـمـەرگـەی دێـریـن و فـەرمـانـدەی تـیـپ. نـاوی تـەواوی عـەبـدولـڕەحمان حەسەن رەسـول. لـەدایـکـبـوی ساڵی ۱۹٤۲ی گوندی سـیـوەیـسـی بـنـاری قـەنـدیـل لـە نـاوچـەی مەنگوڕایەتی. لە تافی منداڵیدا خراوەتە حوجرە بۆ فێربونی بنەماکانی ئاین و دواتر بووە بە فەقێ، لە هەمان کاتدا بە کاری شوانکارییەوە خەریك بووە.

ساڵی ۱۹٦۱ بە وەرچەرخانێکی گەورەی ژیانی دادەنرێ کە تێیدا لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا بۆتە پێشمەرگەو کاروباری ژیانی خۆی لەگەڵ پێداویستییەکانی پێشمەرگایەتیدا گونجاندووە. لەو سۆنگەیەشەوە کە خوێندەواریی هەبوە، نێردراوەتە گەڵاڵە بۆ فێربونی خولی تۆپخانە. سەرکەوتوانە خولەکەی تەواو کردووە و تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷٥ هەر لەسەر پێشمەرگایەتی بەردەوام بـووە. لەم تەمەنە دورو درێژەی پێشمەرگایەتییدا، بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکاندا کردووە لەوانە شەڕەکانی سەفین، کێوەڕەش و سەنگەسەر.

لە سـاڵـی ۱۹۷٦ دا لـەگـەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، بۆتەوە بە پێشمەرگە. یەکەم شەڕی لە شۆڕشی نوێدا، شەڕەکەی تشرینی یەکەمی ۱۹۷٦ بووە کە تێیدا بەرپەرچی هێرشێکی سوپای عیراقی بۆ سەر دۆڵی سیوەیس داوەتـەوە. رۆڵی دیاری لەو شەڕەدا، عەلی عەسکەریی هان دا کلاشنکۆفێکی پێ ببەخشێ. دوای شەڕەکە کرایە فەرماندەی مـەفـرەزە. دواتریش لە ساڵی داهاتودا کرایە فەرماندەی کەرت.

بەهاری ساڵی ۱۹۷۸ لە کاتێکدا کە عەلی عەسکەری لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی هەکاری دا بەرەو سنوری عیراق- تورکیا بەڕێ دەکەوت، لەو و لە چەند پێشمەرگەیەکی تر لەوانە حاجی شێخە بنزیری و حەسەن برایم شوان دەستەیەکی پاسەوانی پێکهێنا تا لە قەندیل لەگەڵ تاڵەبانی بمێننەوە و ئاگایان لێ بێ. لە تشرینی دووەمدا رۆڵێکی کارای لە شەڕی شێنێ دا بینی کە ۹ رۆژی خایاندو هێزەکانی عیراق زیانێکی زۆر گەورەیان بەر کەوت.

ساڵی ۱۹۷۹ چووە پاڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە جیابونەوەی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەر ئەو ساڵە لە شەڕی سێ مانگەی کوردستانی ئێراندا، بەشداریی لە بەرگری لە شارەکان کردو بەرپەرچی هێرشەکانی سوپای پاسدارانی دایەوە بە تایبەتی لە مەهابادو بۆکان، هەروەها بەشداریی لە شەڕەکانی کاولان و ئالیە مەڕانیش کرد.

ساڵی ۱۹۸۱ لە شەڕێکدا بە سەختی بریندار بوو و بۆ چارەسەر گەیەنرایە ئێران. دواتر لە گوندی کاولان لەسەر سنوری عیراق- ئێران گیرسایەوە. ساڵی ۱۹۸۳ لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا، پاش زیادبونی فشاری هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەری، بە هێزەکەیەوە خۆی رادەستی حکومەتی عیراق کرد. بـەڵام لە ساڵی ۱۹۸٤ دا پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو گەڕایەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە ساڵی ۱۹۸٥ دا تیپێك بە ناوی تیپی ٥٦ی گەڵاڵە بۆ ئەو پێشمەرگانە دروست کرا کە پێشتر ئەندامی حزبی سۆسیالیست بون. لەم سەروبەندەدا ئەو کرایە جێگری فەرماندەی تیپە تازەکە. لە ساڵی ۱۹۸۷ دا کرایە فەرماندەی تیپەکەو هەر ئەو ساڵە لە مانگی شوباتدا هێرشێکی هێزەکانی عیراقی بۆ سەر گوندی قەڵاتوکان لە

ناوچەی مەنگوڕایەتی تێکشکاندو هێزەکانی عیراقی ناچار بە پاشەکشە کرد. هەروەها لە کۆتایی ساڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس و ٦٣ ی جوتیاران هێرشێکی تری هێزەکانی عیراقی بۆ سەر گوندی قەڵاتوکان تێکشکاند. لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هەڵەبجەدا کردو رۆڵێکی گەورەی تێدا گێڕا.

لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨دا بە روداوی وەرگەڕانی ئۆتومبیل گیانی لە دەست دا.

بابەتی پەیوەندیدار:

*گەڵاڵە (تیپ).

*شێنێ (شەڕ).

## عەبدولڕەحمان عوسمان



پێشمەرگەو پزیشکی شۆڕشو وەزیری تەندروستی. ناسراو بە دکتۆر زریان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵلای شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٣ لە کۆلیجی پزیشکیی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا لە ساڵی ١٩٧٤، وازی لە خوێندن هێنا و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە سەر خوێندن و لە ساڵی ١٩٧٩دا خوێندنی زانکۆی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٨٠ لە هەولێر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی پاشتر بۆتە پێشمەرگە لە هێزی دەشتی هەولێر. لەوێ وا بە باش زانراوە کە لەنەخۆشخانەی شۆڕش خزمەت بکات. بۆیە رەوانەی بارەگاکانی سەرکردایەتی کراوە لە ناوزەنگو لەوێوە رەوانەی گوندی نۆکان کراوە تا لە نەخۆشخانە خزمەت بکات. لەو کاتەدا نەخۆشخانەکە بینای نەبوو بەڵکو لە چادرێکدا بوو. لەم نەخۆشخانەیەدا ئەرکەکانی خۆی وەك پزیشك جێبەجێ کردووە.

ساڵی ١٩٨٢ گوێزرایەوە بۆ سنوری کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر کە بارەگاکەی لە گوندی وەرتێی ناوچەی باڵەکایەتی بوو و لێپرسراوەکەی دکتۆر کەمال خۆشناو بوو. لەوێ نەخۆشخانەیەکی لەگوندی خەتێ دانا و دواتر نەخۆشخانەکە بۆ گوندی بالیسان گوێزرایەوە.

ساڵی ١٩٨٥ نەخۆشخانەکەی بۆ گوندی سوسێی دۆڵی سماقولی گواستەوە. بەڵام بە هۆی پەرەسەندنی شەڕو پێکدادانەکان و زیادبونی ژمارەی بریندارەوە، وا بەگونجاوتر زانرا نەخۆشخانەکە بۆ شوێنێکی لەبارتر بگوێزرێتەوە. بۆیە ئەمجارە نەخۆشخانەکە بۆ گوندی توتمەی دەوروبەری شەقڵاوە گوێزرایەوە.

ساڵی ١٩٨٥ کاتێك کۆسرەت رەسول عەلی، لێپرسراوی مەڵبەندی٣، لە دۆڵی سماقوڵی بەر موشەکی فڕۆکە کەوت و بە سەختی بریندار بوو و خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیی، لەو نەخۆشخانەیە نەشتەرگەرییەکی نائاسایی بۆ کرا و خوێنی O+ ی بۆ گوێزرایەوەو لە مردن رزگار کرا. زۆربەی ئامێرەکانی نەخۆشخانەکە لەو ئامێرانە بون کە هێزی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٨٣دا لە نەخۆشخانەی بێتواتە دەستی کەوتبون. لە ساڵی ١٩٨٧دا کاتێك هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر تەقتەقدا گرت، ئامێرەکانی نەخۆشخانەکەی ئەوێی بۆ نەخۆشخانەکەی توتمە

گواستەوە. دەیان نەشتەرگەری لەم نەخۆشخانەیە لەسەر دەستی عەبدولڕەحمان عوسمان بۆ برینداراني پێشمەرگەو هێزی پشتگیری‌و خەڵکی سیڤیل ئەنجام دراون.


ساڵی ١٩٩٠ بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن، لە ئێرانەوە چوو بۆ سوریاو لەوێوە چوو بۆ بریتانیا. ساڵی ١٩٩٤ بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێنا و هەر لەوێ بەپزیشك دامەزرا.

ساڵی ٢٠٠٦ گەڕایەوە بۆ کوردستانو پۆستی وەزیری تەندروستیی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتە ئەستۆ.

بابەتی پەیوەندیدار:

* پزیشکی شۆڕش.

## عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا ئەڵڵاکەرەم*



فەرماندە. ناسراو بەعەبدولڕەحمانە سوری مۆریاس. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٧ی گوندی مۆریاسی ناحیەی سروچك لە ناوچەی بەرزنجەی پارێزگای سلێمانی. تا پۆلی یەکەمی ناوەندیی خوێندووە. پەیوەندیی لەگەڵ کوردایەتیدا بۆ ساڵی ١٩٦٥ دەگەڕێتەوە، کاتێك پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە لقی بەرزنجە بووە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٦٨دا لە دێی زێڕینجۆی ناوچەی شارەزور کرایە سەرلەق. ئەم قۆناغەی ژیانی، تا ساڵی ١٩٧٥، وەك پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی کوردایەتی بەسەر بردووە. هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا برینێکی قوڵی لەدەرونی دروست کرد.

لە ساڵی ١٩٧٦دا لە سەید سادق پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٧٩دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بۆ ماوەی چەند مانگێك لە سنوری شارباژێڕو چیای سورێن پێشمەرگە بوو. دواتر وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا.

لە ساڵانی کۆتایی جەنگی عیراق- ئێراندا، ڕژێمی عیراق ژمارەیەك کەسایەتیی ناوچەی بەرزنجەی ناچار کرد فەوجی سوك پێك بێنن و پشتیوانیی هێزەکانی عیراق بکەن لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئێران. ئەم فشارە عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا ئەڵڵاکەرەمیشی گرتەوە کە ناچار کرا پەیوەندی بەفەوجی سوکی ٧٠ی محەمەد مۆریاسییەوە بکا. بەڵام لەئایاری ١٩٨٧دا فەوجی سوکی ٧٠ی محەمەد مۆریاسی‌و فەوجی سوکی ٨٨ی شێخ محەمەد زینویی پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەم سۆنگەیەوە لە ماوەی نێوان ١٣ی ئایارو ٥ی حوزەیراندا زیاتر لە ١٢٠٠ چەکداری هەردوو فەوج بەچەك و تفاقی جەنگییەوە بونە پێشمەرگە. سەرکردایەتیی یەکێتی، بۆ ڕێکخستنی هێزە تازەکە، لە سنوری مەڵبەندی یەك تیپێکی تازەی بە ناوی تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاوەوە بە فەرماندەیی محەمەد مۆریاسی پێك هێنا کە بارەگاکەی لەگوندی دوکەڕۆو ئەستێڵی ناوچەی قەرەداغ بوو. عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا ئەڵڵاکەرەم کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپە تازەکە.

کۆتایی ئەو ساڵە، تیپەکە بۆ سنوری ناوچەی شلێر گواسترایەوە بەڵام کەرتەکەی ئەڵڵاکەرەم لە قەرەداغ مایەوە چونکە لەو کاتەدا زۆربەی هێزەکانی مەڵبەندی یەك لە دۆڵی جافەتیدا بون کە بارەگا سەرەکییەکانی یەکێتیی لێ بوو. لە١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧دا

هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی جاشەکان، بەقۆستنەوەی هەلی کەمیی ژمارەی پێشمەرگە لەسنورەکەدا هێرشیان کردە سەر چیای بەرانان. لە بەرامبەردا، کەرتەکەی تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو بە فەرماندەیی ئەڵڵاکەرەمو کامەران پێنجوێنی بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە. لەم شەڕەدا ئەڵڵاکەرەم پاش بەرگرییەکی سەخت شەهید کراو تەرمەکەی برایە گوندی شیوی قازیو لەوێ بە خاك سپێردرا.

## عەبدولڕەحمان قادر غەفور



کادیری دێرینی ڕێکخستن. ناسراو بە شێخ عەبدول. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی کانی سپیکەی پێنجوێن. ساڵی ١٩٥٦ ماڵیان هاتۆتە سلێمانیو لەگەڕەکی چوارباخ بونەتە کرێچیو پاشان لەگەڕەکی شێخان گیرساونەتەوە. لە کۆتایی ساڵی دواتردا ماڵیان چۆتە سەرچنار. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە سەرچنار تەواو کردوە. لە قۆناغی ناوەندیدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردوەو لە ڕێی ئەم ڕێکخراوەوە پەیوەندیی بەباڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەرەس هێنانی وتووێژی نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، وازی لە خوێندن هێنا و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە سەر خوێندن و قۆناغی ئامادەیی تەواو کرد. دواتر لە ناوچەی خاڵسی پارێزگای دیالا بە ڕوپێو دامەزرا.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٢ چووە ریزی هێزی پێشمەرگەوە بەڵام لەوێ زۆر نەمایەوە چونکە وا بەباش زانرا بگەڕێتەوە بۆ ناو شارو لەسەر کاری ڕێکخستن بەردەوام بێ. ساڵی ١٩٨٤ بەشداریی لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد لەمێرگەپان. لەو ساڵە بەدواوە، لێپرسراوەتیی پۆلێکی ڕێکخستنی ناو شاری پێ سپێردرا و بووە ئەندامی کەرتێکی ڕێکخستن لە ڕێکخراوی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٩ پاش دەستگیرکردنی هەندێ بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کەرکوکو چەمچەماڵ، لێپرسراوەتیی بەشێکی ڕێکخستنەکانی کەرکوکو چەمچەماڵی گرتە ئەستۆ.

لە شوباتی ١٩٩٠دا لەگەڵ پۆلێك ئەندامی ڕێکخستنەکاندا لە لایەن دەزگای ئەمنی سلێمانییەوە دەستگیر کرا و لە تشرینی یەکەمدا لە لایەن دادگای سەورەوە فەرمانی بەندکردنی هەتا هەتایی بۆ دەرچوو و نێردرایە بەندیخانەی ئەبوغرێب.

لە ناو بەندیخانەدا لەگەڵ هەر یەك لەمستەفا سەید قادرو سامان مەولود بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆمیتەی باوەڕ کە ئەرکەکەی تۆکمەکردنی گیانی خۆڕاگریی گیراوەکان بوو لە ناو زینداندا. لە کانونی یەکەمی ١٩٩١دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. سەرەتای ساڵی دواتر کرایە ئەندامی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانیو لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی سەرچنار.

ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ پێکهێنانی مەکتەبی مافی مرۆڤدا، وەك ئەندامی لیژنەی سلێمانیی مەکتەبەکە دەستبەکار بوو. ساڵی ١٩٩٨ کرایە ئەندامی مەکتەبی مافی مرۆڤ. لە ماوەی نێوان ١٩٩٧-٢٠٠٠دا لێپرسراوی لیژنەی سلێمانیی مەکتەبەکە بوو. لە ساڵی ١٩٩٩دا بووە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی

ئاسایش بۆ کاروباری یاساو مافی مرۆڤ. له ساڵی ۲۰۰۲دا کۆلیجی یاسای ئێوارانی زانکۆی سلێمانیی تەواو کردو له ساڵی ۲۰۰۳دا کرایه بەڕێوەبەری گشتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی له وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی. ساڵی ۲۰۰۷ خانەنشین کرا. سەربار، لەگۆڤاری «پەیامی مرۆڤایەتی»ی مەکتەبی مافی مرۆڤیش کاری کردووەو له ژماره ۷دا بۆته جێگری سەرنوسەر.


دوای ئەوەی که خانەنشین کراوە، کاری پارێزەریی ئەنجام داوەو له ساڵی ۲۰۱۰دا وەك راوێژکاری یاسایی لەمەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کردووە. له بواری نوسیندا، بەشداریی هەمەچەشنەی هەیە، وتارو لێکۆڵینەوەو بابەتی وەرگێڕدراوی له رۆژنامەو گۆڤارەکانداو به شێوەی کتێب و نامیلکه بڵاوکردۆتەوە.

## عەبدولڕەحمان گۆمەشینی



کادیرو تێکۆشەری دێرین. لەدایکبوی ساڵی ۱۹٤۰ی گوندی گۆمەشینی سەر به شارۆچکەی کۆیە. ساڵی ۱۹٤۷ خراوەتە بەر خوێندن له کۆیەو ساڵی ۱۹٥۳ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووەو پاشان چۆتە هەولێر بۆ تەواوکردنی خوێندن.

ساڵی ۱۹٥٤ له هەولێر پەیوەندیی به یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو لەگەڵ هەر یەك له حوسام ئەمین و حەیدەر هەمزە بووە ئەندامی لیژنەی قوتابیانی هەولێر. پاش دوو ساڵ پەیوەندیی به




ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکەی خۆی بۆ ناو ڕێکخستنەکانی پارتی راکێشا. لەو سەردەمەدا یەکێ له ڕێکخەرە گورج و گۆڵەکانی پارتی بوو.

له سەرەتای دەستپێکی یاخیبونی خێڵەکان له ئەیلولی ساڵی ۱۹٦۱، لەگەڵ دەیان کەسی تردا به تۆمەتی یاخیبون و گێرەشێوێنی گیرا و سێ رۆژ له گرتوخانەی هەولێر مایەوە. پاشان هەموو گیراوەکان برانه بەغداو لەوێوە برانه ناسریه له باشوری عێراق. تا ساڵی ۱۹٦۲ له زیندانی ناسریه مایەوە. دواتر له ۱۱ی کانونی یەکەمدا خۆیو گیراوەکانی تر لێبوردنیان بۆ دەرچوو و ئازاد کران .

هەر ئەو ساڵە، روی کردە بەغدا و له

کۆمپانیایەکی قیرتاوکردنی شەقامدا بەکرێکار دامەزرا. لەو ماوەیەدا بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی لقی ٥ی بەغدای پارتییەوە و لەم سەروبەندەدا کرایە بەرپرسی ڕێکخراوی باقوبە. پاش روخانی رژێمی جەنراڵ عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦٣ لەسەر دەستی بەعسییەکان و ناسیۆنالیستەکان، نزیکبونەوەیەك لە نێوان شۆڕش و رژێمی تازە هاتە ئاراوەو شاندی کورد بۆ وتووێژ روی لە بەغدا کرد. بەڵام لەگەڵ گرژبونی پەیوەندییەکاندا، ئەندامانی شاندەکەی کورد لە بەغدا دەستگیر کرانو گوشارێکی زۆر خرایە رێکخستنەکانی پارتی. لەو هەلومەرجەدا گۆمەشینی بەغدای بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی. لەوێوە چوو بۆ هەولێرو لەوێ کاری رێکخستنی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٦٤ لە سەروبەندی سەرهەڵدانی گرژی لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسیو باڵی مەلا مستەفای بارزانی، بەشداریی لە کۆنفرەنسی ماوەتی باڵی مەکتەبی سیاسیدا کرد بەڵام پشتگیریی لە بڕیارەکانی نەکردو دواتر پەیوەندیی بەباڵی مەلا مستەفاوە کردەوەو وەك ئەندامی لقی دوو مایەوە. ساڵی ١٩٦٥ کرایە ئەندامی کارگێڕی لقی ٥ی بەغدا. لەو ماوەیەدا لە بەغدا خەریکی کاری رێکخستن بوو و پاش دەرچوونی رۆژنامەی «برایەتی» کاری تێدا کرد.

ساڵی ١٩٧٤ بە پلەی کارگێڕ گوێزرایەوە بۆ لقی ٢ی هەولێر کە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراق بارەگاکەی لە هیران دانرا بوو. بۆ ساڵی دواتر کرایە ئەندامی مەکتەبی رێکخستن.

دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ پەنای بۆ ئێران بردو لەوێ بەشدار بوو لەو کۆبونەوەیەی کە کادیرە سیاسیو عەسکەرییەکان لە مانگی ئایاردا بۆ تاوتوێ کردنی هەلومەرجی پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە شاری ورمێ بەستبویان. دوا بەدوای کۆبونەوەکە کە تێیدا بڕیار درا بگەڕێنەوە بۆ عیراق و لە ناو وڵات پرۆژەیەك بۆ روبەڕوبونەوەی هەلومەرجی پاش هەرەس هێنانی شۆڕش دابنێن، ئێرانی بەجێ هێشتو گەڕایەوە بۆ هەولێر.

پاش گەڕانەوەی، بۆ شاری دیوانیەی باشوری عیراق دورخرایەوەو لەوێ بە کارمەند لە دیوانی پارێزگا دامەزرا. پاشان بۆ بەسرە گوێزرایەوەو لەوێ کرایە کارمەندی بەشی ژمێریاری لە فەرمانگەی رۆشنبیریی جەماوەر. ساڵی ١٩٧٩ رێگە بەهەندێ لەدورخراوەکان درا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و هەندێکیشیان بۆ بەغدا گوێزرانەوە. ئەو لەو گروپە بوو کە بۆ بەغدا گوێزرایەوە. تا ساڵی ١٩٨١ لە بەغدا مایەوە. ساڵی ١٩٨١ گوێزرایەوە بۆ هەولێر.


لەو ماوەیەدا نەگەڕایەوە بۆ ناو جیهانی سیاسەت بەڵام خۆیو چەند هاوڕێیەکی پەیوەندیی تایبەتیان لەگەڵ تاڵەبانیو مەسعود بارزانی دامەزراند و لە بزوتنەوەی کوردایەتی دور نەکەوتنەوە.

ساڵی ١٩٩٣ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو بووە بەڕێوەبەری بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە هەولێرو تا ساڵی ١٩٩٦ لەسەر ئەم لێپرساوەتییەی بەردەوام بوو. پاش رووداوەکانی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦، چەند رۆژێك لە هەولێر دەستگیر کرا و پاشان ئازاد کرا. لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا هەولێری بەجێ هێشت و لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. لەو ماوەیەدا بووە کارگێڕی مەکتەبی کۆمەڵایەتیو سەرپەرشتیاری ناوەندی کۆمەڵایەتیی هەولێر.

ساڵی ٢٠٠٢ یاداشتەکانی لە دوتوێی کتێبێکی قەوارە مامناوەنجیی ١٠٤ لاپەڕەییدا بە ناونیشانی «پوختەیەك لە بیرەوەرییەکانم» بڵاوکردەوە. ئەو کتێبە بەهایەکی دیکۆمێنتاریی هەیە و وردەکاریی سەبارەت بە زۆر مەسەلە تێدایە. لە ٧ی تەموزی ٢٠٠٦دا لە

تەمەنی ٦٦ ساڵیدا لە هەولێر کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە گۆمەشین بە خاک سپێردرا. ساڵی ٢٠١٢ یاداشتەکانی لە لایەن سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیەوە چاپ کرانەوە.

## عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل



پێشمەرگەو نەقیبی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی ئازیکەندی ناوچەی مەخمور لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٥٨ ماڵیان چۆتە هەولێرو لەوێ تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندویەتی. پاشان خانەوادەکەیان بۆ کارو کاسبی چۆتە شارۆچکەی دوبز لە پارێزگای کەرکوك و لەوێ قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیی خوێندنی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٧ بۆ خوێندنی ئامادەیی، چۆتە کەرکوكو لەوێ بەشی زانستیی تەواو کردووە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو دوو ساڵ لێپرسراوەتیی ناوچەی دوبزی یەکێتیی قوتابیانی پێ سپێردراوە.

ساڵی ١٩٧٣ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر وەرگیرا بەڵام خوێندنی لەوێ تەواو نەکرد چونکە بۆ ساڵی پاشتر پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد لەگوندی ڕێزانی ناوچەی بارزان و لە خوێندنگەیەکدا بە مامۆستای شۆڕش دامەزرا. ساڵی دواتر بۆ خوێندنگەی گوندی وەردەی بناری هەڵگورد گوێزرایەوەو لەوێ وەك بەڕێوەبەر دەستبەکار بوو.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لە مەهابادو نەغەدەو پیرانشەهر مایەوە. دواتر، گەڕایەوە بۆ هەولێرو خوێندنی لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان تەواو کرد.

ساڵی ١٩٧٦ لەگوندی هەرتەلی خۆشناوەتی بە مامۆستا دامەزرا و ساڵی دواتر بۆ گوندی دەشتێوی بناری چیای ئاسۆس گوێزرایەوە. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٩ بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی ژاراوە گوێزرایەوە. هەڵسورانی لەو ئۆردوگایە سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی ڕاکێشا و بەرە بەرە هەستی بەوە کرد کە خەریکە ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە. ساڵی ١٩٨٢ لە سنوری هەولێر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ماوەیەك لەکەرتی ڕێکخستنی چۆمان مایەوەو دواتر لە ناوزەنگ لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە گیرسایەوە.

ساڵی دواتر وەك کادیرێکی تەکنیکی بۆ دەزگای ڕاگەیاندن گوێزرایەوە کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لە سەرشیوی ناوچەی قەڵادزێ بوو. لەوێ دەسترەنگینییەکی زووری لە بواری خۆشنوسیدا نواندو وەك خۆشنوس لەرۆژنامەی «شەرارە» و «ڕێبازی نوێ» و بڵاوکراوەکانی چاپخانەدا کاری کرد. هاوکات، وەك ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ، لە سنوری تیپەکانی ٦٣ی جوتیارانو ٦٨ی مامەندەو هێزەکانی قەڵاتوکانو ڕەزگە و مارەدوو بەڕێوەبردنی کاروباری ڕێکخستنی پێ سپێردرا. هەروەها لەم سەروبەندەدا ماوەیەك وەك بێژەری بەشی عەرەبی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کاری کرد.

لە ساڵانی ١٩٨٢ - ١٩٨٤ دا لە ڕوی هونەرییەوە


سەرپەرشتیی دەرکردنی گۆڤاری «خەباتی مامۆستا»ی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانی کرد. لە سێیەم کۆنفرەنسی یەکێتیی مامۆستایان لە ئەیلولی ١٩٨٥ لەگوندی سماقوڵیی خۆشناوەتی، بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکێتییەکە هەڵبژێردراو دواتر لە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبردن لە گوندی سێوسێنانی قەرەداغ، بە نەقیبی مامۆستایان هەڵبژێردرا. لەو ماوەیەدا زۆورتر سەرقاڵی هەڵسوڕانی سەندیکایی بوو.

لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەدۆڵەکۆگە گیرسایەوەو دواتر لە پاڵ هەڵسوڕانی سەندیکایی، وەك کادیرێکی تەکنیکی لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە شاری سەقز کاری کرد. ساڵی ١٩٩١ لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکاندا بۆ راپەڕین، لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە زەڵێ کاری کرد.

ساڵی ١٩٩٢ لە نۆیەمین کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە هەولێر بە نەقیب هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ ژمارەیەك کادیری راگەیاندن، مەدالیای رێزلێنانی لە لایەن تالەبانییەوە پێ بەخشرا.

ساڵی ٢٠٠٠ لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایە بریکاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی. ساڵی ٢٠٠٣ خانەنشین کرا. ساڵی ٢٠٠٩ خوێندنی لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کرد و لە ساڵی ٢٠١٥دا بڕوانامەی ماستەری سەبارەت بە «رێکخستنی ئازادیی راگەیاندن لە عیراق» لە زانکۆی عەرەبیی بەیروت بەدەستهێنا. ساڵی ٢٠٢٠ بڕوانامەی دکتۆرای سەبارەت بە «رێکخستنی یاسایی راگەیاندن و رەنگدانەوەی لەسەر پەرەپێدانی ئابوری» لە زانکۆی مەنسورەی میسر بەدەستهێنا.

## عەبدولڕەحمان محەممەد فەرەج هەڵەبجەیی*



پێشمەرگە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی شاری هەڵەبجە. هەر لەمنداڵییەوە تێکەڵ بە بزووتنەوەی کوردایەتی بووە. باوکی لە سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولدا بووە بە پێشمەرگە. مامی، ئەحمەد، لە ساڵی ١٩٦٤ لەهەڵەبجە بەدەستی جاشەکان شەهید کراوە. ئەم ژینگە خرۆشاوە، کاریگەریی زۆری لەسەر بەجێ هێشت و وای لێ کرد ساڵی ١٩٦٨ واز لە خوێندن بێنێ و ببێ بە پێشمەرگە.

پاش راگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، رووی کردە شاری هەولێر و لەوێ بەفەرمانبەر دامەزرا، بەشەویش درێژەی بە خوێندن دا و تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێند. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، گەڕایەوە بۆ پێشمەرگایەتی و ئازایەتییەکی زۆری لە بەرەکانی شەڕدا نواند، بەتایبەتی لە شەڕەکانی قەرەداغ، شارەزوور، جاددەی سلێمانی- عەربەت، گەروی بێشێ و گەڵاڵە. لە شەڕە گەورەکەی سەرتیز خۆی و باوکی پێکەوە بریندار بوون.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٨ کرایە ئەندامی

کەرتی شەهید کاروان. لەو ماوەیەی کە لە ڕیزی ڕێکخستندا بوو، گورج و گۆڵییەکی زۆری لە بواری ڕێکخستنی ئەندام و پەیداکردنی لایەنگراندا نواند. ساڵی ١٩٧٩ لەسەر داوای خۆی گوێزرایەوە بۆ ئەو بەشەی ڕێکخستن کە چالاکیی پێشمەرگانەی ناو شاری سلێمانیی لەئەستۆدا بوو. لە چەندین چالاکیی ناوشاردا بەشداریی کردو لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری ئاشکرابوونی بەهۆی چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانەوە، گوێزرایەوە بۆ بەشی ڕێکخستن.

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٢ دەزگا ئەمنییەکانی بەعس ئاشکرایان کرد، بەڵام خۆی بەدەستەوە نەدا و تا مانگی ئاب بە نهێنی لە ناو شار مایەوە، پاشان پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو دوای ماوەیەك کرایە جێگری فەرماندەی کەرت لە سنوری مەڵبەندی یەك.

لە تشرینی دووەمدا لە چالاکییەکی شۆڕشگێڕانەدا لە ناو شاری سلێمانی، خۆی و هاوڕێیەکی ڕووبەڕووی سەربازەکانی عیراق بوونەوەو لەم چالاکییەدا بریندار بوو، بەڵام خۆی پێ دەرباز کرا و گەڕایەوە بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان. دوای ماوەیەکی کەم لەم چالاکییە، کرایە فەرماندەی کەرتی شەهید مەلا بایز. ساڵی ١٩٨٥ کرا بە جێگری فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون.

شەوی ٢٧/٢٦ی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦دا لەچالاکییەکدا لە ناو شاری سلێمانی، شەهید کرا. شاعیر محەمەد حەمە باقی لە چلەی شەهیدبوونیدا، هۆنراوەیەکی بۆ نوسیوە کە تێیدا هەموو ژیاننامەی بە شیعر هۆنیوەتەوە.

## عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم*



کادیر و فەرماندەی تیپ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٩ی گوندی میرزا رۆستەمی بناری چیای کۆسرەت. دەرچوی ساڵی ١٩٦٢ی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو لە ڕێکخراوی سەنگەر وەك ئەندام ڕێك خرا. لە کۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای ساڵانی حەفتادا زۆرتر بەلای بیری چەپدا دایشکاند و لە ساڵی ١٩٧٢دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو دواتر بەرپرسیارێتیی ڕێکخراوی ئاگری گرتە ئەستۆ کە سنوری چالاکیی، ناوچەی پشدەرو بەشێکی بیتوێن و کۆیەی دەگرتەوەو لەم بوارەدا ڕۆڵێکی کارای لە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازانەدا بینی.

ساڵی ١٩٧٨ دەزگا ئەمنییەکان بەشێکی ڕێکخستنە نهێنییەکانی سەنگەسەریان ئاشکرا کردو لەم سۆنگەیەوە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسیی سەرکردایەتی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. سەرەتا کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتێکی سەر بە هەرێمی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسیو پاشان بووە فەرماندەی کەرت. بۆ ساڵی دواتر پارێزگاریی سنوری بێدەلانی پێ سپێردرا و بارەگای کەرتیشی هەر لەوێ دانا. ساڵی ١٩٨١ کرایە بەرپرسی قوەتی

گەلاڵە.

ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ پێکهێنانی تیپی ٤٣ی ئاسۆسدا، کرایە یەکەم فەرماندەی تیپەکە و هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە شەڕەکانی هێزی پشتیوان بۆ هاوکاری کردنی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پێویستیان بەیارمەتی بوو بۆ ڕاگرتنی هێرشی سوپای پاسدارانی ئێران. لەو شەڕانەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیو لەیەکێ لە شەڕەکان بریندار بوو بەڵام ئامادە نەبوو بەرەی شەڕ بەجێ بێڵێ. لەم سۆنگەیەوە تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ناوزەنگەوە بروسکەی بۆ ناردو تێیدا دەستخۆشیی لە ئازایەتیو خۆڕاگریی کرد.

لە ژیانی پێشمەرگایەتییدا کە ٩ ساڵی خایاندوە، بەشداریی لە چەندین شەڕی گەورەدا کردووە، لەوانە شەڕی شێنێ لە ساڵی ١٩٧٨و شەڕەکانی قەندیل لە ساڵی ١٩٨٣و ئۆپەراسیونی دابان ـ هەلاجو ڕزگارکردنی چیای چەرماوەند لە ساڵی ١٩٨٥و شەڕەکانی داستانی ڕزگاری لە ساڵی ١٩٨٦و شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی سێ لە ساڵی ١٩٨٧. جگە لە بریندارbونی لە ساڵی ١٩٨٢، جارێکی تریش لە ساڵی ١٩٨٦دا لەگوندی ئاوەژێی بناری چیای ئاسۆس لە تۆپبارانداا بریندار بوو. هەر ئەو ساڵە کرایە بەرپرسی دەزگای پێشمەرگایەتیی مەڵبەندی دوو لەسەرگەڵوو لە دۆڵی جافەتی. ئەم پلەیەشی دوا پلەی بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا.

لە ئۆپەراسیونی گرتنی شاری تەقتەق لە شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧، نەخشەکە وابوو کە هێزی پێشمەرگە لە دوو قۆڵەوە هێرش بکا، لەقۆڵێکەوە بۆ گرتنی تەقتەق بەسەرپەرشتیی لێپرسراوی مەڵبەندی سێ کۆسرەت ڕەسول عەلیو لە قۆڵێکی ترەوە بۆ گرتنی بنکەی جەیش شەعبیی تەقتەق بەسەرپەرشتیی عەبدولڕەحیم. ئەگەرچی هێزی پێشمەرگە لە هەردوو قۆڵەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام لەم شەڕەدا عەبدولڕەحیم گوللەیەک بەر بۆریی هەناسەی کەوت و شەهید بوو. تەرمەکەی گەیەنرایە گوندی ئاوەژێ و لەوێ بە خاک سپێردرا.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بەیاننامەیەکی بەبۆنەی شەهیدبونییەوە دەرکرد کە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرایەوە، تێیدا هاتبوو: «کاک عەبدولڕەحیم تێکۆشەرێکی بەزات و پشوودرێژ بوو، سەرەڕای ئەوەی کە کادیرێکی ژیرو بەگوڕو ورە بەرزو لێزان بوو، هەموو تەمەنی خۆی کردە خزمەتی گەلەکەی و توانی بە بیری تیژو چالاکانەی لە فەرماندەی مەفرەزەوە، وەکو کادیرێکی شارەزای بواری پێشمەرگایەتی، پلەکان ببڕێو بە توانای خۆی بوە لێپرسراوی دەزگای پێشمەرگایەتی».

بابەتی پەیوەندیدار:

* شێنێ (شەڕ).
* ئاسۆس (تیپ).
* تەقتەق (ئۆپەراسیۆن).

## عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٥ی بەغدا. خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەیەکی فەیلییەکانو دواناوەندیی لە خوێندنگەی قەشە یەسوعییە ئەمریکییەکان لە بەغدا تەواو کردووەو دواتریش لە زانکۆی حیکمە لە بەغدا، ئەدەبی

ئینگلیزیی خوێندووە.
ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٥٩دا دەست پێدەکا، کاتێك لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو بەهۆی بچوکیی تەمەنییەوە وەرگرتنی بە ئەندام بۆ ساڵی ١٩٦١ دواکەوتو لەم سەروبەندەدا وەك خوێندکار کاری لە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کرد. پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦٣ و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیان، خۆیو نەجاتی حەمە رەقو محەمەد سدیق پێنجوێنیو رەمزی تەقیو جەمیلە سابیرو نەزیرە محەمەد عەلی، لە بەغدا سکرتاریەتێکی کاتییان لە بەغدا بۆ یەکێتیی قوتابیان دامەزراند.
هاوینی ساڵی ١٩٦٣ بەگومانی ئەوەی کە پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی پارتیدا هەیە، دەستگیر کرا و بە هۆی ئەمەوە ساڵێکی خوێندنی لە کیس چوو. ساڵی ١٩٦٤ دوا بەدوای کودەتاکەی عەبدولسەلام عارف، ئازاد کرا و گەڕایەوە سەر خوێندن. لە ساڵی ١٩٦٧دا خوێندنی زانکۆی تەواو کردو هەر ئەو ساڵە لە ڕۆژنامەی «نور» کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەری دەکرد، وەك ژمێریار دامەزرا.
ساڵی ١٩٧٠ لەفەرمانگەی پوختە کردنی توتن لە بەغدا بە فەرمانبەر دامەزرا. ساڵی ١٩٧١ دوا بەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، بووە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی کوردستانو بۆ ساڵی دواتر بووە سکرتێری گشتیی یەکێتیی لاوانی کوردستان.
ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی بەعس، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی وەك سکرتێری گشتیی یەکێتیی لاوانی کوردستان.
پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە شاری نەغەدە گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە وەك نوێنەری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ عادل موراد دا چوو بۆ سوریا. لەوێ هەردوکیان پەیوەندییان بە تاڵەبانییەوە کرد کە سەرگەرمی پرۆژەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو و وەك دوو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بەشدار بوون لە دامەزراندنی یەکێتی. لەو ماوەیەدا لێپرساوێتیی بەڕێوەبردنی کامپی قامشلوی پێ سپێردرا کە کەمپێك بوو ئەرکی سەرەکیی ڕێکخستنو مەشق پێکردنی مەفرەزەی پێشمەرگەی پارتیزان بوو لە چوارچێوەی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستان.
ساڵی ١٩٧٧ سوریای بەجێهێشت و لە بریتانیا گیرسایەوە. ساڵی ١٩٧٩ چوو بۆ سوریاو لەوێوە لە ڕێگەی ئێرانەوە گەڕایەوە بۆ کوردستانو لە ناوزەنگ گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ دکتۆر فوئاد مەعسوم و موحسین عەلی ئەکبەر بەشدار بوو لە بەڕێوەبردنی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاران. ساڵی ١٩٨١ دوا بەدوای گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو یەکێتیی نیشتمانی، ئێرانییەکان ئۆفیسەکەیان داخست، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزایان گرتو بۆ ماوەی نۆ مانگ خستییانە زیندانەوە. دواتر بە هەوڵو رەنجی تاڵەبانیو دەستێوەردانی لێپرساوانی لیبیاو سوریا، لە ساڵی ١٩٨٢ ئازاد کرا، لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئێرانی بەجێ هێشت و روی لەسوریا کرد. تا ساڵی ١٩٨٤ لەوێ مایەوە. دواتر، چوو بۆ سویدو لەوێ نیشتەجێ بوو.
لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی پلەی کارگێڕی مەڵبەندی پێ دراو لێپرسراوێتیی بەشی

پەیوەندییەکانی وەرگرت. ساڵی ١٩٩٥ گەڕایەوە بۆ سوید و ساڵی ١٩٩٩چوو بۆ بریتانیاو لەوێ بوو بە کارگێڕی مەڵبەندی دەرەوەو لەو ماوەیەدا لە ڕێکخراوی ئین دایت کاری کرد کە ئەرکەکەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە بوو دەربارەی تاوانەکانی جینۆسایدو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتیو تاوانەکانی جەنگ لە کوردستانو عێراق بە مەبەستی دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ دادگایی کردنی سەرانی ڕژێمی بەعس.

ساڵی ٢٠٠٢ گەڕایەوە بۆ کوردستان و تا ساڵی ٢٠٠٥ وەزیری پەیوەندییەکانو هاوکاری بوو لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەوە بەدوا لە ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کرد. لە ساڵی ٢٠٠٩ دا بووە ئەندامی لیژنەی باڵای مەکتەبی ڕێکخستنو لە ساڵی ٢٠١٠ دا لێپرسراوەتیی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لە مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٨ لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە حزبییەکاندا، ڕاژەی بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی گوێزرایەوەو کرایە ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی و لە پاڵ ئەمەدا لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسیشی پێ سپێردرا. بەڵام لەو ماوەیەدا نەخۆشی تینی بۆ هێنا و بواری پێ نەدا لێپرسراوەتییە تازەکە لە ئەستۆ بگرێ. لە ١٣ی حوزەیراندا پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کرد. لە ١٤ی حوەزیراندا لە ڕێ و ڕەسمێکی شکۆداردا کە سەرۆکی کۆماری عیراق دکتۆر فوئاد مەعسوم بەشداریی تێدا کردو وتاری تێدا خوێندەوە، لە گۆڕستانی گردی سەلیم بەگ لە سلێمانی بە خاك سپێردرا.

سەرەڕای ئەوەی کە بیرەوەرییەکی پڕ زانیاریی وردی سەبارەت بە پرۆسەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، بەڵام مەسەلەی نوسینی بیرەوەرییەکانی زۆر بە هەند وەرنەگرتبوو و زۆرتر بۆ کاتی خانەنشینیی هێشتبۆوە. لەم سەروبەندەدا لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠١٦ی گۆڤاری «کەلتور» بڵاو کراوەتەوە، گوزارشتی لەوە کرد کە نیازی نوسینی بیرەوەرییەکانی هەیە، بەڵام هەر خێرا هەڵیدایەو ڕونی کردەوە کە هێشتا دەستی پێ نەکردووە «چونکە بە بۆچونی خۆم هێشتا گەنجم و توانای ئیشکردنم ماوە». سەرەڕای ئەمە، گێڕانەوە سەرپێییەکانی دەربارەی قۆناغی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەندێ وردەکاریی گرنگیان تێدا بەدی دەکرێ و بۆ مشتومالْ کردنی قۆناغی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر سودیان لێ وەردەگیرێ.

### پاشکۆی ژمارە ١

### بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی عەبدولڕەزاق عەزیز میرزاوە

گەلی ئازادیخوازی کوردستان
کەسوکاری شەهیدان
هاوسەنگەرانی سەرۆك مام جەلال
ئەی فەیلییە مەینەتبارەکان
هەڤاڵانی یەکێتی

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە داخ و پەژارەیەکی قوڵەوە، بە خەم و کەسەرێکی ناخ هەژێنەوە هەواڵی کۆچی دوایی عەبدولڕەزاق فەیلی، یەکێکی تر لە دامەزرێنەرانی یەکێتی، دوای کەمتر لە مانگێك لە کۆچی دوایی کاك عادل موراد فەیلی، دامەزرێنەرێکی تری یەکێتی، کاکە

ڕەزاقیش بەرەو جیهانی سەروەریی کوردستان و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی گەلەکەی، دڵە هەمیشە پڕ لە ئومێدەکەی لە لێدان کەوت.

جەماوەری دڵسۆزی یەکێتی

عەبدولڕەزاق فەیلی لە ناو چەوسانەوەی نەتەوایەتی و سیاسەتی ستەمکاری بەرامبەر بە فەیلییەکان پەروەردەی کوڵنەدان بوو. لە شەستەکانەوە وەکو لاوێکی شۆڕشگێڕ ئەرکی تێکۆشانی هەڵگرتووەو زیاتر لە نیو سەدە بۆ یەك ڕۆژیش پشوی نەداوەو هەردەم لە سەنگەری ڕزگاری و دیموکراسی و عەدالەتخوازیدا بووە.

لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لەسەر دەستی شەهید شەهاب شێخ نوری و بە هاوڕێیەتی شەهید شاسوار جەلال و ڕابەرایەتیی مام جەلال تاڵەبانی، ڕێبازی چەپی دیموکراتی گرتۆتە بەر. لە دوای خیانەتنامەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ی جەزایریشەوە دەستبەجێ خۆی دەگەیەنێتە سوریاو شان بە شانی سەرۆك تاڵەبانی دەبێتە یەکێك لە وەفادارترین تێکۆشەرانی یەکێتی لە بواری ڕێکخستن، ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی و چالاکیی جەماوەری و هەڵمەتەکان دژی فاشیستەکان پشوی نەداوە. کاك عەبدولڕەزاق کەسایەتییەکی هێمن، پاك، بێباك، فیداکار، ڕاستگۆ، دڵسۆز بۆ ڕێبازەکەی و ڕابەرەکەی و هاوڕێکانی بووە، دژی هەڵپەهەڵپ و هەلپەرستی و خۆپەرستی، هەمیشە یەکێتیی ناو یەکێتیی و یەکڕیزیی کوردایەتی و هاوهەڵوێستیی دیموکراسیخوازان ئامانجی دورو نزیکی بووە.

بە داخەوە ئەم تێکۆشەرە دێرین و سەنگین و پڕاوپڕ لە ئومێدە، ماوەیەك بوو دوچاری نەخۆشی ببوو. سەرەنجام هەر بە هۆی نەخۆشییەوە، چاوی دور لە کینەو چرای پڕ ڕوناکیی ژیانی لێك نا و ماڵئاوایی لە کوردو کوردستان و هاوسەنگەرەکانی کرد.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی لە کاتێکدا هەواڵی ئەم کۆستە جەرگبڕە بە گەلەکەمان ڕادەگەیەنێت، لە هەمان کاتدا پەیمان دوپات دەکاتەوە کە وا یەکێتییەکەی مام جەلال تاڵەبانی و عەبدولڕەزاق وەکو فێرگەی ڕەوشتی بەرزی کوردایەتی و حزبایەتی و هاوڕێیایەتی، لە ویژدانماندا بە نەمری دەهێڵێتەوە.

سڵاو لە پاکی و بێباکیی کاك عەبدولرەزاق فەیلی.

مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**٢٠١٨/٦/١٣**

## پاشکۆی ژمارە ٢

## لە شکستی شۆڕشی ئەیلولەوە بۆ یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

(چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەزاق عەلی میرزا)

سازدانی: تەحسین تەها چۆمانی

یەك هەفتە بەر لە دوایین دیدارم لەگەڵ کۆچکردوو کاك عەبدولڕەزاق فەیلی، واتە لە **١٩**ی تشرینی یەکەمی **٢٠١٧** لە ساڵۆنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەگەڵ کاك ستران عەبدوڵڵا و چەند برادەرێکی تر دانیشتبوین. پێم وا بێت کاك عەبدولڕەزاق فەیلی لەگەڵ کاك ستران نیازیان هەبوو بڕۆن نەهارێك بخۆن، بەڵام دڵنیام نیم کامیان دەعوەتی کامیان بوو.

لەوێ بوم کە کاك عەبدولڕەزاق هات. من ئەو کاتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕۆژانە خەریکی کاك نوسینی توێژینەوەی ماستەرنامەکەم بوم سەبارەت بە فیکری سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران.

دەبوو لەگەڵ چەند کەسێك کە شارەزای فیکری سیاسیی یەکێتین قسە بکەم، جا چ باشتر کە ئەو

کەسە یەکێك بێت لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر. کە کاك عەبدولڕەزاقم بینی، بە کاك سترانم وت ئەگەر ئەزیەت نیە قسەیەکی لەگەڵ بکە، بەڵکو کاتێکم بۆ دابنێت و کەمێك لەم بارەیەوە لە کاتی بگرم. کاك ستران پێی وت، ئەویش وتی هەر کات هاتی بە سەرچاو.

ئەم ئۆکەی و بەسەرچاوە بۆ من زۆر دڵخۆشکەر بوو، بەتایبەتی کە کاك عادل موراد بە هۆی نەخۆشییەوە لە دەرەوەی وڵات بوو. کاك عومەر شێخموس زۆر چاوەڕێ بوم وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، کەچی لە دوا نامەدا بە داوای لێبوردنەوە وتی کاتێکی وام لە بەردەستدا نیە. کاك دکتۆر فوئاد مەعسومیش بە هۆی روداوە گەرمەکانی نێوان بەغداو کوردستان، وەك دەوروبەرانی وتیان، کاتێکی وای نەبوو.

بە هەر حاڵ، دوو رۆژ دوای ئەوە، رۆیشتمە لای کاك عەبدولڕەزاق فەیلی و لە مەکتەبەکەی دانیشتم و چایەکی بێ شەکری رەشیان بۆ هێنام، خواردمەوە. دواتر گوێم لێ بوو پێیان وت تەحسین تەها لە رۆژنامەی کوردستانی نوێوە هاتووە. وتی کاك تەحسین تەها؟ هونەرمەندەکە؟». هاتن و فەرمویان لێ کردم بۆ ژورەوە.

کە چومە ژورەوە، کاك عەبدولڕەزاق دیار بوو کەسێك تەلەفۆنی بۆ کردبوو بۆ ئەوەی لە رێی پەیوەندییەکانی مەکتەبەکەیەوە سەفەرێکی بە مەبەستی نەخۆشی بۆ دەرەوەی وڵات بۆ رێك بخات. روی کردە من و وتی «کاك بەشدار بەخوا نازانم چیت پێ بڵێم، رۆژانە چەندین کەس بۆ ئەم مەبەستە تەلەفۆنم بۆ دەکەن». وتم «کاك عەبدولڕەزاق من تەحسینم، بەشدار نیم. هاتوم بۆ چاوپێکەوتنەکە نەك کاری پاسپۆرت». پێکەنی و کەمێك داما، وتی «ببورە. زۆر سەرقاڵم».

قسەکانم دەست پێ کرد. وتی «چات خواردووە؟». وتم بەڵێ. وتی «کەواتە ئەمر بکە بزانم دەتەوێ چی بکەیت». منیش ئەو پرسیارانەی کە دەمویست لێی بپرسم سەبارەت بە رەوتی فیکریی یەکێتی، بە تایپکراوی پێم دان. سەیرێکی کردن، وتی «بۆ ئەمرۆ باوەڕ ناکەم بەوە رابگەم وەڵامی حەوت پرسیار بدەمەوە. بۆ نەیکەینە رۆژی پێنج شەممە؟» وتم «زۆر ئاساییە». ئەویش وتی «کەواتە منیش باش دەیانخوێنمەوەو وردتر قسەیان لە بارەوە دەکەین».

رۆژی پێنج شەممە سەعات ١٠ی بەیانی گەیشتمەوە مەکتەبەکەی. دیسان وتیان تەحسین تەها هاتووە. وتی «کام تەحسین تەها؟ گۆرانیبێژەکە؟».

لە ژوری خۆی نەبوو. دەنگی دەهات. دوای دە خولەك هاتەوە. وتی فەرموو. کە چومە ژورەوە کوڕێکی گەنجی لەگەڵ بوو. بەهەر حاڵ پێی وت «دانیشەو گوێ بگرە. ئەم چاوپێکەوتنە بۆ تۆ زۆر باش دەبێت». ئەویش دانیشت.

کاك عەبدولڕەزاق وتی کوا پرسیارەکانت؟ وتم «ئەی ئەو رۆژە کۆپییەکم پێ نەدای؟». وتی بیرم نەماوە. کەمێك کاغەزەکانی سەر مێزەکەی ئەمدیو و ئەودیو کرد، دۆزییەوە. زانیم دەرفەتی نەبوە سەیریان بکات. دیسان دەستی بە خوێندنەوەی پرسیارەکان کردەوە. وتی «زۆر باشە. گوێ بگرە من خۆم بە تێکەڵی وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدەمەوە».

کەمێك نائومێد بوم لەوەی کە وەڵامەکان بە وردی بداتەوە. ئەمە شتێکی ئاسایی بوو چونکە بۆ کەسێکی ئاوا کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ تەمەنێتی و هێشتا بە چوست و چالاکی کار دەکا، ئاساییە. دانیشتم و دەستی پێ کرد. ئینجا وتی ئەوەندە ساڵ و ناو و شوێنەکانم لە بیر نەماوە. من ئەمەم بە باشی لێ بەدی دەکرد، بەتایبەتی کە بینیم چوار جار قاوەکەی بەردەمیان گۆڕی. ئەو هەر ئاگای لێ نەبوو قاوەکەی بخواتەوە. زۆر رۆچووبووە ناو گێڕانەوەی سەرەتای شکستی شۆڕشی ئەیلول و

دامەزراندنی یەکێتی، بە وردەکارییەکانییەوە. سەعات و نیویێك بە دیارییەوە دانیشتین. تەواوی دیمەکان لە بەرچاو بوو کە بۆی دەگێڕاینەوە.

بە داخـەوە کە هاتمە دەرەوە یەکێك لـە فایلە دەنگییەکانم لە دەست سڕایەوە، بەڵام دیسان شوکر بوم کە فایلی دووەم سڕابۆوەو سەرەتای باسەکەم لەبەر دەستە. ئەمە زۆر بێتاقەتی کردم تا وای لێ هات بڕیار بدەم کە تایپی نەکەم و هەر ئاوا لای خۆم بیپارێزم. بەڵام کە هەواڵی کۆچی دوایی کاك عەبدولڕەزاقم بیست، هەر ئەو شەوە بڕیارم دا وەك دوایین چاوپێکەوتن، ئەو بەشەی لە چاوپێکەوتنەکە ماوە، لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوی بکەمەو.

لە چاوپێکەوتنەکەدا کاك عەبدولڕەزاق وتویەتی:

بارودۆخی ئەو کاتەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی تێدا دامەزرا، بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان بارودۆخێکی ناهەموارو ئاڵۆزو خراپ بوو. من نامەوێ بڕۆمە ناو بابەتی هەڵسەنگاندنی مەسەلەی کۆتایی هاتنی شۆڕش و هەڵوێستی سەرکردایەتیی شۆڕش. ئەمە بابەتێکە خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت و هەر وا بە ئاسانی ناتوانین باسی لێوە بکەین. بەڵام من باسی روداوێکی مێژویی دەکەم کە لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ رویداوە، کاتێك ئێران هەموو سنورێکی لە ئێمە داخست و تەنها دوو مژاریان بۆ بەجێ هێشتین: یان ئەوەی چەکەکانمان دابنێین و بڕۆینەوە بۆ ناو حکومەت یان بڕۆینە ئێران. لەوە زیاتر مژارێکی تریان بۆ نەهێشتینەوە. ژمارەی ئەوانەی کە رویان لە ئێران دەکرد، زیاتر بوو لە ژمارەی ئەوانەی کە دەڕۆیشتنەوە بۆ ناو حکومەت، بەتایبەت ئەوانەی کە سەرکردەو بەرپرس بون لە ناو شۆڕش و نەیاندەتوانی بڕۆنەوە بۆ ناو حکومەت و خۆیان رادەستی حکومەت بکەن.

لەو کەین و بەینەدا گروپێکی شۆڕشگێڕ لەو سەردەمەدا ئارەزوی بەرهەڵستییان نیشان دا، لەوانە دەستەیەك لە کادیرو سەرکردەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کە بە ئاشکرا کاریان نەدەکرد بەڵام وەك کەسایەتی، ناسراو بون لەوانە شەهاب شێخ نوری، دارۆ شێخ نوری، شاسوار جەلال، سالار عەزیز. وابزانم فەرەیدون عەبدولقادریشیان لەگەڵدا بوو. جگە لەمانە، دەبێ باسی هەندێ کادیری شۆڕشگێڕی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بکەم وەك عەلی عەسکەری، خالید سەعید، عادل موراد، حەمە رەزا و ژمارەیەك لە ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیش. هەروەها نابێ فاروق مەلا مستەفام لە بیر بچێ. ئەمانە هەمویان ئامادە بون لە ناوچەی پێنجوێن جارێکی تر بە بیرکردنەوەو میتۆدێکی نوێ، کاری شۆڕشگێڕی و چەکداری درێژە پێ بدەن. ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەمانە دەیانویست بەرگری بکەن و چەك دانەنێن. بەڵام لەو ئان و ساتەدا مەلا مستەفا بارزانی لە تاران گەڕایەوە پەیامێکی پێ بوو، ئەویش ئەوە بوو کە نابێت هیچ کەسێك بەرگری بکات، تەنانەت ئەو وتی ئەندامانی گروپەکەی پێنجوێن ئاگادار بکەنەوە کە بێنەوەو ئەگەر قبوڵیان نەکرد، خۆم دەچم، دەستەبەسەریان دەکەم و دەیانهێنمەوە. ئەمە تەورێك بوو لە مەسەلەی بەرگری کردن درا کە رێگای بەرگری بڕی. لە ئەنجامدا ئەو هەڤاڵانە هاتنەوە.

دواتر کۆبونەوەیەکی تر لە ئێران بە بەشداریی برایم ئەحمەد، کەمال محێدین، کاردۆ گەلاڵی، عومەر مستەفا، رەسول مامەندو ژمارەیەك لە ئەندامانی باڵی مەلا مستەفا بارزانی بەسترا، تێیدا گفتوگۆیان لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ چی بکەن و لە کۆتاییدا بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بۆ عیراق بۆ ئەوەی لەوێ بزوتنەوەیەکی چەکدار هەڵگیرسێنن.

هەندێ لەوانە گەڕانەوە بۆ عیراق، ئەوانی تر چون

بۆ ئێران. لە نەغەدە هەندێ لەوانە کەوتنە لای من. شەهاب شێخ نوری و شاسوار جەلال لای من مانەوە، بەڵام زوو بڕیاریان دا بگەڕێنەوە. کاك شەهاب داوای کرد لەگەڵیان بگەڕێمەوە، منیش وتم پاسپۆرتم هەیە، دەچمە دەرەوە. لێرەدا کاك شەهاب وتی ئەگەر هەر دەڕۆی، بڕۆ بۆ سوریا بۆ لای مام جەلال.

من و عادل موراد پێکەوە بوین. وا دانرا بوو کەسێك وەك نوێنەری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بنێردرێ بۆ سوریا بۆ ئەوەی لەوێ نوێنەرایەتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بکات لە بەرەی نیشتمانیی خوێندکارانی عیراق کە ڕێکخراوێکی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بوو لە سوریا. بەڵام ئەو کەسەی بۆ ئەم کارە دانرا بوو، نەچوو بۆ سوریا، گەڕایەوە بۆ عیراق. بۆیە عادل موراد پێی وتم پاسپۆرتت هەیە؟ منیش وتم «بەڵێ. بۆچی؟». وتی «رات چیە ئەگەر بتکەمە نوێنەری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە سوریا؟». من قسەکەی شەهاب شێخ نوریم بیر کەوتەوە. خۆیشم دەمویست بڕۆمە دەرەوە.

لە نەغەدە خالید سەعید وتی «عەبدولڕەزاق چی دەکەیت و بەرنامەت چیە؟». منیش وتم «دەمەوێت بڕۆمە دەرەوە. پاسپۆرتم هەیەو دەمەوێ بخوێنم». وتی «بڕۆ بۆ سوریا بۆ لای مام جەلال».

ئەوەی من دەیڵێم واتای ئەوە نیە کە ئەوان دەیانزانی مام جەلال چی دەکات یان دەیەوێ چی بکات. بەڵام مەنتیقی بارودۆخەکە وا بوو کە ئەوان دەیانزانی مام جەلال هەر وا بە ئاسانی دانانیشێ و ناتوانێ سەیری بارودۆخەکە بکا.

دواتر لەگەڵ چەند برادەرێك چوینە لای عەلی عەسکەری لە سابلاغ. عەلی عەسکەری وتی «شێتە، دەتەوێ چی بکەیت؟». منیش وتم «دەمەوێ بچمە دەرەوە بخوێنم». هەر کە ئەم قسەیەی لە من بیست، جەختی کردە سەر ئەوەی کە بچم بۆ لای مام جەلال لە سوریا. ئەو سێیەم کەس بوو ئەم قسەیە بکا. وتم هەوڵ دەدەم وا بکەم.

ئەمانە خۆیشیان بڕیاریان دابوو هەندێك کادیری باوەڕپێکراو بنێرنە ئینگلتەرە، لەوانە عادل مورادو نوری شاوەیس. لەو ماوەیەی کە ئێمە تێیدا لە ئێران دەرچوین بۆ سوریا، نوری شاوەیس هاتە ئەوێ، بەڵام دواتر چووە بەیروت.

لە ١٤ی نیسانی ١٩٧٥ دا ئێمە گەیشتینە دیمەشق. یەکەم کەس کە بینیمان، کادیرێکی حزبی بەعسی سەر بە سوریا بوو، واتە لە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بوو. ئێستاش پەیوەندیی ئەو کادیرە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر بەردەوامەو زۆریش باشە. ئەگەر بە هەڵەدا نەچوو بم ناوی مەحمود شێخ رازی بوو. ئەوسا ئێمە هێشتا مام جەلالمان نەبینی بوو، بەڵام زۆر بە شێوەکی رەخنەگرانە باسی شۆڕش و شکستی شۆڕشمان دەکرد، بەتایبەتی عادل موراد کە زۆری پێ ناخۆش بوو مەلا مستەفا بارزانی نەیهێشتووە لە پێنجوێن هیچ بکەن.

مەحمود وتی چاوەڕێی گەڕانەوەی مام جەلال بکەن بیرۆکەیەکی پێیە. دوای ئەو سکرتێری سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ئیبراهیم عەللاویمان بینی. قسەمان کردو بارودۆخەکەمان بۆ رون کردەوە. وتی چاوەڕێی مام جەلال بکەن، لە جەولە دایەو هەندێك کەس دەبینێت، بیرۆکەیەکی پێیە.

دواتر عەبدوڵئیلاهـ نەسراویی سکرتێری گشتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبمان بینی. دوای ئەوەی کە قسەمان لەگەڵ کردو بارودۆخەکەمان هەڵسەنگاند، وتی« بۆچی چاوەڕۆیی مام جەلال ناکەن؟ ئەو بە نیازی شتێکەو بیرۆکەیەکی زۆر باشی پێیە».

ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە

ئەو سێ کەسەی لەگەڵ عادل موراد دیومانن و قسەمان لەگەڵ کردون، پێشتر لەگەڵ مام جەلال قسەیان کردووەو گوێیان لە بیرۆکەکەی مام جەلال بووە.

مام جەلال لە سەرەتادا هەوڵێکی زۆری لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی دا بۆ ئەوەی کۆتایی بە شۆڕش نەهێنێت، بەڵکو میتۆدو شێوازی بگۆڕێت. هەروەها بەڵێنی یارمەتیی لە سوریا و لیبیا بۆ بەردەوامیی شۆڕش وەرگرتبوو. ئەمەشی بە نامە بە مەلا مستەفا بارزانی راگەیاندبوو. ئەوەندەی من بیرم مابێ، جارێك فازڵ مەلا مەحمود نامەکەی بۆ بارزانی بردبوو و جارێکی تر ئازاد خۆشناو، بەڵام سودی نەبوو. ئەوەندەی من ئاگاداربم، مام جەلال زۆر داوای لە مەلا مستەفا کرد کۆتایی بە شۆڕش نەهێنێت، بەڵێنیشی دا کە هەوڵی زیاتر بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانیی بۆ شۆڕش دەدات، بەڵام ئەنجامی نەبوو. بۆیە لە دوای شکستی ئەم هەوڵە، مام جەلال بیری لەوە کردەوە کە دەبێ شتێك بکرێ.

پاش ماوەیەك مام جەلال لە میسرەوە گەڕایەوە بۆ سوریا. ئێمە لە کافتریای ئەلکەمال کە ئێستا نەماوە، چوین بۆ لای. لەوێ من و عادل موراد بۆ یەکەم جار لەگەڵی دانیشتین. مام جەلال زۆری پێ خۆش بوو کە چوینەتە لای. من سکرتێری یەکێتیی لاوانی کوردستان و نوێنەری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە بەرەی نیشتمانیی خوێندکارانی عیراق بووم لە سوریا، عادل مورادیش سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو. مام جەلال بە خێرایی بیرۆکەو نیازی خۆی سەبارەت بە هێنانە کایەی بزوتنەوەیەکی نوێ خستە بەرچاو. ئێمەش حەماس گرتنی، تەنانەت حەماسی عادل موراد لە من زیاتر بوو. واتە مەسەلەی ئەوەی کە من کۆنە جەلالی بوم کاریگەریی لەسەر مەسەلەکە نەبوو، خۆ عادل موراد کۆنە مەلایی بوو کەچی ئەو بەرنامەیەی کە مام جەلال پێشنیاری کرد، عادل موراد زۆرتر پێشوازیی لێ کرد. مام جەلال بۆی باس کردین کە لە میسرو لوبنان زۆر کەسی بینیوە کە بەڵێنیان داوە کاری لەگەڵدا بکەن بەڵام هەندێکیش پرۆژەکەیان پەسند نەکردووە. لەوانەی کە پشتگیریی کردبوو، دکتۆر فوئاد مەعسوم نوێنەری مەلا مستەفا بارزانی لە میسر. مام جەلال وتی دکتۆر فوئاد قسەکانی قبوڵ کردووەو بەڵێنی داوە کاری لەگەڵدا بکا. وتی« چاوەڕێ دەکەم بە ماڵ و منداڵەوە بێتە سوریا بۆ ئەوەی لێرە دەست بە کارەکانمان بکەین». بەمجۆرە، بوینە چوار کەس.

لەو ماوەیەدا کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لە بەرلینی رۆژئاوا، دەبەسترا. مام جەلال چوو بۆ ئەوێ. ئێمەش ویستمان بچین بۆ ئەوێ. بەڵام لەوێ گیراین و ئەوەندەی نەما بوو رادەستی حکومەتی عیراقمان بکەنەوە، چونکە ئێمە لە جیاتی ئەوەی بە میترۆ لە بەرلینی رۆژهەڵاتەوە بچین، بە پاس چوین، ڤیزەشمان نەبوو. بۆیە هەمومانیان بۆ بەرلینی رۆژهەڵات گەڕاندەوەو لەوێ دەستگیریان کردین. خۆشبەختانە چەند عەرەبێکی سوریامان لەگەڵدا بوو. ئەوانە پاسپۆرتی سوریایان پێ بوو، ئێمەش پاسپۆرتی عیراقمان پێ بوو. لەوێ وتیان هەر کەسەو بڕواتەوە بۆ وڵاتی خۆی. برادەرە سورییەکان لەسەر ئێمە هەڵیاندایەو وتیان ئەوانە عیراقین و ئەگەر بیانگێڕنەوە، لە عیراق دەگیرێن و لەسێدارە دەدرێن.

لە ٢٢ی ئایاری ١٩٧٥ لە کافتریای تولەیتەلە کە کافتریایەکی بەناوبانگی ناوچە دەوڵەمەندەکانی دیمەشق بوو و ئێستاش هەر بەو ناوە ماوە، کۆ بوینەوە. مام جەلال هەموو شتێکی ئامادە کردبوو لەوانە بەیاننامەی دامەزراندن، هێڵی فیکری و

سیاسەت و ڕێبازو ستراتیجی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان. هەموو شتێکی بە ئامادەکراوی بۆ هێنایین. ئێمە خوێندمانەوە، گفتوگۆمان لەسەر کردو هەندێك دەستکاریمان کرد. دەستکارییەکە زۆرتر لە روی ڕێزمانی عەرەبییەوە بوو، ئەویش دکتۆر فوئاد مەعسوم کردی.

پاشان مام جەلال وتی هەندێ هەڤاڵی تر هەیە، دەیانەوێ لەگەڵمان بن و یارمەتیمان بدەن بەڵام ناتوانن بێنە ئێرە. ئەو لە کاتی بەسترانی کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە بەرلینی رۆژئاوا دیبوونی و هەڵی بژاردبون. ئەمانەش دکتۆر کەمال فوئاد، نەوشیروان مستەفاو عومەر شێخموس بون. ئێمە ئەمەمان پێ خۆش بوو چونکە ئەمانە کەسانی دیارو ناسراو بون، بەتایبەتی بەڕێزان دکتۆر کەمال فوئادو نەوشیروان مستەفا کە دوو کەسایەتیی دیارو تێکۆشەری بزوتنەوەی کوردایەتی بون. هەروەها من ناوی عومەر شێخموسم بیستبوو. نەمدیبوو بەڵام بیستبوم کە پیاوێکی چالاك و زیرەك و تێکۆشەرە. هەروەك لە ساڵی ١٩٦٢ وەوە لەگەڵ کاك نەوشیروان دۆست بوم. دکتۆر کەمال فوئادیشم بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کە لە زانکۆی سلێمانی سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بوو، دەناسی، جگە لەوەی کە ئەو لەو کاتەدا هاتوچۆی بەغدای دەکردو سەری لە رۆژنامەی «نور» دەدا.

مام جەلال وتی ئەم بەیاننامەیە دەبەم بۆ ئەوروپاو لەگەڵ ئەوان دادەنیشم. ئەو چوو بۆ بەرلینی رۆژئاواو لەگەڵ ئەو سێ هەڤاڵە کۆبۆوە. لەو کۆبونەوەیە یەك رستە داڕێژرایەوە کە تێیدا باسی ئەوە کرابوو کە ریڤیژیۆنیزمی جیهانی ناتوانێت دۆستی کورد بێت. لە کۆبونەوەکە ئەمە لابرا بوو، ئەویش لەو دیدەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی ئایدیۆلۆژی نیەو بەرنامەکەی بەرنامەیەکی رزگاریی نەتەوەییە. بۆیە نابێت دۆست و دوژمنی خۆی بەم شێوازە دیاری بکات و دەبێ یەکێتیی دۆستایەتی و پشتگیریی هەموو لایەنێك بۆ خۆی دابین بکات.


قسەی ئەمان زۆر لە جێی خۆیدا بوو، چونکە ئێمە بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی نەتەوەیی بوین، حزبێکی چینایەتی نەبوین. دەبوایە ئێمە لە سروشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بگەین و وا بکەین هەموو ڕێکخراو و حزب و کەسێك بتوانێ ببێ بە ئەندام تێیدا. بەم مانایە، مادام یەکێتیی ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەییە، هەر ڕێکخراو و لایەنێك کە دەهاتە ناو یەکێتی، دەیتوانی پەیڕەوی لە فیکرو ئایدیۆلۆژیای خۆی بکات و لە ناو یەکێتیدا لە روی فیکرییەوە خۆی بەهێز بکات، بۆ ئەوەی دواتر ئەم یەکێتییە وردە وردە ببێتە بەرەیەکی فراوانی نیشتمانی. لە ناو ئەم بەرە نیشتمانییە فراوانەش، لایەنێك هەڵدەکەوێ و لە هەمویان بەهێزتر دەبێ و دەبێتە پێشڕەوی بەرەکە. لەم نێوەندەدا مام جەلال خەیاڵی بۆ کۆمەڵەی رەنجدەران دەچوو کە ببێتە حزبە پێشڕەوەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە ٢٩ی ئایاردا مام جەلال داوای لە من و فازل مەلا مەحمود کرد بچین بۆ بەیروت بۆ ئەوەی بەیاننامەکە چاپ بکەین و بڵاوی بکەینەوە. لە بەیروت دوو خوێندکار کە فازڵ دەیناسین، هاتنە پێشوازیمان. ئەوان وڵاتەکەو شارەکەیان باش دەناسی. لەوێ توانیمان بەیاننامەکە چاپ بکەین. دواتر گەڕاینەوە بۆ دیمەشق و لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ دا بەیاننامەکەمان بڵاو کردەوە. کەواتە کۆبونەوەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ٢٢ی ئایار بوو، بەڵام بەیاننامەکە لە ١ی حوزەیراندا بە شێوەیەکی فەرمی بڵاوکرایەوە، بۆیە ئەو رۆژە بووە رۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٥٩٤،

٢٠١٨/٦/٢١ ل ٨-٩.

## عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر*



کادیری دێرینی ڕێکخستنو ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی گوندی ئۆمەر گومبەتی قەزای کۆیە. ناوی ڕاستەقینەی عەبدولڕەزاق ئەحمەد عومەرە. لە تەمەنی سێ ساڵیدا بووە، کاتێك باوکی کۆچی دوایی کردووە، بۆیە مەلا محەمەدی مامی بەخێوی کردوەو وەك کوڕی خۆی ناسنامەی فەرمیی بۆ دەرکردووە.

عەبدولڕەزاق قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە هەولێرو ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە. لە ناوەڕاستی شەستەکاندا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو لە هەمان کاتدا بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان دەستی بەکاسبی کردوەو بۆتە چایچیو لەم قۆناغەی ژیانیدا نازناوی فستق فرۆشی بەسەردا دابڕاوە. کارکردنی لە کەرکوك بۆتە مایەی قوڵ کردنەوەی هۆشیاریی نەتەوایەتیی، دژوارییەکانی دابین کردنی بژێویی ژیانیش پەرەیان بە هۆشیاریی چینایەتیی داوەو بەرە بەرە بەچەمکەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی ئاشنایان کردووە. لە ساڵی ١٩٧١دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٥دا دەزگا ئەمنییەکانی عیراق زەبرێکی گورچکبڕیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دا و دەیان ئەندامیان لە بەغداو هەولێرو سلێمانیو کەرکوكو خانەقین گرت. لەو هەلومەرجە سەختەدا، پاش ئەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بڕیاری دا عیراق بەجێ بێڵێ، جەعفەر عەبدولواحید ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی هەولێر، لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی هەولێری بە ئەرسەلان بایزو عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر سپارد، بەڵام زۆری نەبرد ئەرسەلان بایز فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو و لەم سۆنگەیەوە نەیتوانی بەردەوام بێ لەسەر سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکان، بۆیە لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی بۆ عەبدولڕەزاق هێشتەوە. لەم هەلومەرجە ناخۆشەدا عەبدولڕەزاق پشتگیریی هەوڵەکانی شاسوار جەلالی کرد کە دەیویست فریای ڕێکخستن بکەوێو سەرکردایەتییەکی کاتی بۆ کۆمەڵە دابمەزرێنێ. لەم سەروبەندەدا لەگەڵ هەر یەك لە شاسوار جەلال، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامیو سالار عەزیز بەشداریی لە دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکاندا کرد کە تێیدا کوردستان بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش کرا.

ساڵی ١٩٧٦ کۆمیتەی هەرێمی هەولێر بە لێپرسراوەتیی عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر لە عەلی سالح، مەولود هەمزە، شاخەوان عەباس، محەمەد زەنگەنە، محەمەد جەمیل قەشقەیی، سامی قادر، قاسم عەزیز و ڕەفعەت عەبدوڵلا پیرداوود پێك هات.

لەو قۆناغەدا عەبدولڕەزاق لە دوو مەسەلەدا لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمیتەی هەرێمەکان و کۆمیتەی هەرێمی هەولێردا ڕای جیاوازی هەبوو. لە مەسەلەی ڕەخنەگرتن لە سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵە، عەبدولڕەزاق میانڕەوتر بیری دەکردەوەو پێی وابوو سەرکردایەتیی پێشوو شایستەی ڕەخنەی توند نیە. لەم سۆنگەیەوە هەوڵی خۆدەربازکردن و چونە دەرەوەی سەرکردایەتیی بە شتێکی ئاسایی

دەدایە قەڵەم. ئەم شرۆڤەیەی بۆ رووداوەکان وای لێ کرد پشتگیریی ناوەڕۆکی بەیاننامەی شوبات نەکات کە کۆمیتەی هەرێمەکان تێیدا رەخنەی توندی لە هەوڵی چونە دەرەوەی سەرکردایەتیی پێشو گرتبوو. عەبدولرڕەزاق توانیبووی هاوسەنگییەك لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ سەرکردایەتیی تازەی دیفاکتۆو سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵەدا دروست بکاو ئەوەندەی پێی کرابێ، هەوڵی دابوو هەردوو رەوت لێك نزیك بکاتەوە.

سەبارەت بە پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، عەبدولڕەزاق پشتگیریی پڕۆژەکەی کرد بەڵام لەو بڕوایەدا بوو کە پێویست ناکا هەموو ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان و کادیرە پێشکەوتووەکان شارەکان بەجێ بێڵنو روو بکەنە شاخەکان، چونکە پێی وابوو بایەخی تۆکمەکردنی تەونی رێکخراوەیی شارەکان لە بایەخی پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار کەمتر نیە.

رێکخستنەکانی هەرێمی هەولێری کۆمەڵەی رەنجدەران لەسەر دەستی عەبدولڕەزاق زۆر گەشەیان کردو لەم رووەوە توانرا لە ناو کرێکارانو خوێندکاران رێکخستنێکی بەهێز دروست بکرێ.

ساڵی ١٩٧٧ رێکخستنەکان بە شێوەیەکی بەرچاو پەلیان بۆ دەرەوەی هەولێر هاوێشت و چالاکیی رێکخراوەیی گەیشتە ڕەواندز و چۆمان و شەقڵاوەو کۆیەو پیرمامو تەقتەق. ئەرکی سەرپەرشتیی کردنی رێکخستنەکانی قەزاو ناحیەکان بەمحەمەد زەنگەنە سپێردرا. هەر ئەو ساڵە شانەیەکی چەکدار بۆ ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانە بەلێپرساوەتیی محەمەد عەجەم لە شاری هەولێر دروست کرا.

لە ئایاری ١٩٧٧دا دەزگا ئەمنییەکان گورزێکی کاریگەریان لەرێکخستنەکانی کۆمیتەی هەرێمی هەولێر دا، ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی رێکخستن گیرانو ژمارەیەکیشیان بۆ خۆدەربازکردن لە هەڕەشەی گرتن، پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. عەبدولڕەزاق لە ناو شار مایەوە، توانی خۆی بپارێزێ و بەردەوامیش بێ لەسەر هەڵسوڕانی لە بواری رێکخستندا.

ساڵی ١٩٧٨ لە مەخمور لە کاتی بەسەرکردنەوەی رێکخستنەکاندا دەستگیر کرا. سەرەڕای هەموو شێوازەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەییو دەرونی، خۆی راگرت و هیچ نهێنییەکی رێکخستنەکانی نەدرکاندو لە دواییدا بەدە ساڵ بەندکردن حوکم درا بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. دواتر گەڕایەوە سەر کارکردن لە ناو رێکخستنەکانی هەولێرداو لێپرساوەتیی کەرتێکی رێکخستنی لە هەولێر گرتە ئەستۆو لەم سەروبەندەدا، توانی لە دەرەوەی سنوری پارێزگای هەولێر، لە کەرکوکیش، رێکخستن دروست بکا.

لە ساڵی ١٩٨٤دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو هەر ئەو ساڵە لە دۆڵی بالیسان لێپرساوەتیی رێکخراوی دووی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی پێ سپێردرا. پاش پێکهێنانی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە، کرایە ئەندامی ئەو فەرماندەییەو لەم سەروبەندەدا بەشدار بووە لەدوا کۆبونەوەی هاوبەشی ساڵی ١٩٩٠ی مەکتەبی سیاسیو فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە لە قاسمەڕەش کە تێیدا وردەکارییەکانی پلانی راپەڕین تاوتوێ کران.

ساڵی ١٩٩١ بەشدارییەکی کارای لە ڕاپەڕیندا کرد. لە٢٨ی ئازاردا، دوای ئەوەی کە لەگرتنی گەڕەکەکانی رەحیماوا و تەپەی مەلا عەبدوڵڵادا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، لە کەرکوك شەهید بوو.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆمیتەی هەرێمەکان.

## عەبدولقادر محەمەد عومەر



کادیری دێرین و پێشکەوتوو و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق. ناسراو بە مەلا قادر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی گوندی سێکانی لە ناوچەی تەقتەق. خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە خوێندنگەکانی مەرزیخەو سێگردکان دەست پێ کردووە. ساڵی ١٩٧٤ دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، خوێندنگەی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت پەکیان کەوت. بۆیە روی کردە هەولێرو لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد. خوێندنی ناوەندیی لە رێدار لە ناوچەی شوان دەست پێ کردو لە ئاڵتون کۆپری تەواوی کرد. خوێندنی ئامادەییشی لە ئاڵتون کۆپری دەست پێ کردو لە هەولێر تەواوی کرد.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٩ بە بڕیاری ناوەندی کۆمەڵە کۆمیتەیەکی رێکخستن کە سنوری چالاکیی ناوچەکانی هەولێرو کەرکوکی گرتۆتەوە پێك هێنرا کە عەبدولقادر محەمەد عومەر یەکێ لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرەکەی بوو. کۆمیتەکە یەکێ لە کۆمیتە چالاك و هەڵسوڕاوەکان بوو و لە خۆپیشاندانە فراوانەکانی ساڵی ١٩٨٢ی خوێندکاران، لە هەولێر رۆڵێکی کارای هەبوو. هەر ئەو ساڵە لە بەشی میکانیکی کۆلیجی ئەندازیاری زانکۆی بەسرە وەرگیرا.

ساڵی ١٩٨٤ بە دەمامکەوە بەشداریی لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەدا کرد. دوای کۆنفرەنس خۆی بۆ زانکۆی موسل گواستەوەو لەم سەروبەندەدا سەرپەرشتیی رێکخستنەکانی زانکۆی موسڵ و زانکۆی سەلاحەددینی کرد.

ساڵی ١٩٨٦ دوای دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە کادیرەکانی رێکخستنەکانی هەولێر، لەوانە محەمەد قادر لێپرسراوی رێکخستنەکانی هەولێرو سڕبون و پەرتەوازەبونی رێکخستنەکان، دەستی کرد بە رێکخستنەوەو گرێدانەوەی رێکخستنەکانی هەولێر و کەرکوك و تا ساڵی ١٩٩١ لەسەر ئەم ئەرکە بەردەوام بوو.

لە قۆناغی پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، لە گوندێ خەتێ خۆی و کاکە زیاد عومەر خولێکی خێرای بەکارهێنانی بێسیم و جفرەیان بینی بە مەبەستی خێراکردنی کۆنتاکتی نێوان سەرکردایەتی و رێکخستنەکانی ناوشار. ساڵی ١٩٨٩ بەرنامەیەك بۆ کاراکردنی رێکخستنی ناو شارەکان لە لایەن سەرکردایەتییەوە نەخشەڕێژیی بۆ کرا و لەم رووەوە چەند کادیرێك، لەوانە مستەفا سەید قادر، بۆ شارەکان نێردرانەوەو دەست کرا بە ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی سوپای رزگاریی کوردستان (سرك). دوای گیرانی مستەفا سەید قادر لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٩٠ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە لیژنەیەك بە ناوی لیژنەی کاری راپەڕین، لە عەبدولقادر محەمەد عومەرو هەر یەك لە ئەحمەد حسێن ناسراو بە ئەحمەد بچکۆل، خالید محەمەد رەسول ناسراو بە خالید هەلاج و مستەفا برایم دەروێش ناسراو بە شاسوار بۆ تەواوکردنی کارەکانی زەمینەسازی بۆ راپەڕین پێك هات. لیژنەکە کەوتە کارکردن، شانە چەکدارەکانی بروسکی دروست کردو دواتر پلانی مەیدانیی بۆ راپەڕینی شارەکان دانا.

دوو رۆژ پێش ئازادکردنی هەولێر، لەگەڵ دوو کادیری تر سەردانی شەقڵاوەی کردو لەگەڵ سەرکردە

مەیدانییەکان هەماهەنگیی بۆ ڕێکخستنی ڕاپەڕین کرد لە هەولێر.

دوای ڕاپەڕین تا کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ٥ ی گرتە ئەستۆ. دوای کۆنگرە بوو بە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان کە کۆسرەت ڕەسول عەلی لێپرسراوی بوو. ساڵی ١٩٩٦ بە هەمان پلەی ڕێکخراوەیی گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن. ساڵی ٢٠٠١ لە مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکان کاری کرد.

ساڵی ٢٠١٠ پاش دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوەند، بووە ئەندام تێیدا. ساڵی ٢٠١٤ لەسەر لیستی پارێزگای هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردرا.

بابەتە پەیوەندیدارەکان:

*هێرش (کۆمیتەی ڕێکخستن).

*لیژنەی کاری ڕاپەڕین.

*بروسك (ڕێکخراو).

## عەبدولکەریم حاجی



ئەندامی سەرکردایەتی و کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمەی شەدەڵە. ناسراو بە شێخ عەبدولکەریم حاجی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٩ی گوندی شەدەڵەی ناوچەی سورداش. خوێندنی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٦٢دا لە کەرکوك، ناوەندیی لە قەڵادزێ و دواناوەندیی لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٩ دا تەواو کردووە. هەر ئەو ساڵە بۆتە پێشمەرگە لە بارەگای مەلا مستەفا بارزانی لە دیلمان. ساڵانی دواتر لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان وەك کادیر گەشەی کردووە. ساڵی ١٩٧٠ بۆتە ئەندامی ناوچە لە هێزی ڕزگاری لە دوکان. ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا بەشداریی لە خولی کادیراندا کردووە. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٤دا کراوەتە لێپرسراوی ناوچە لە پێنجوێن و قەڵادزێ و قەرەداغ.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لەشارۆچکەی مەریوان گیرسایەوە و دواتر گەڕایەوە بۆ عیراق. ساڵی دواتر بە خێزانەوە بۆ پارێزگای قادسیە دور خرایەوەو بە فەرمانبەر لە فەرمانگەی هەرەوەزی دیوانیە دامەزرا. لەو ماوەیەی کە لە دیوانیە بووە، پەیوەندیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا دامەزراندووە.

ساڵی ١٩٧٩ ڕێی پێ دراوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە و لە ناوزەنگ گیرساوەتەوە. ساڵی پاشتر دوا بەدوای پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، وەك کادیری پێشکەوتوو کاری تێدا کردووە. هەمان ساڵ، پاش دامەزراندنی مەڵبەندەکان، کراوەتە لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن لە مەڵبەندی دوو لەگوندی سەرگەڵووی دۆڵی جافەتی.

ساڵی ١٩٨٤ لە قۆناغی ئاگربڕو وتوویژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق، کراوەتە ئەندامی لیژنەی هەماهەنگیی نێوان مەڵبەندی دوو و حکومەتی عیراق. هەر ئەو ساڵە لە کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە دۆڵی مێرگەپان، بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە پلینۆمی

یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کەساڵی ١٩٨٥ لەگوندی هەڵەدنی دۆڵی جافایەتی بەستراوە، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوەو هەر ئەو ساڵە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر پشکی یەکێتیی شۆڕشگێڕان. ساڵی ١٩٨٦ لێپرساوەتیی ڕێکخستنەکانی ناوچەی قەرەداغی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی گرتۆتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٧ بۆتە ئەندامی مەڵبەندی یەك.

ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی سورداش و دۆڵی جافایەتیدا بەشداریی لە شەڕەکانی بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالدا کردو پاش شەڕەکان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە سەر سنور. ماوەیەك لە شاری بۆکان گیرسایەوەو دواتر پەیوەندیی بە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد لە قاسمە ڕەش. لەو ماوەیەدا لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری ئاوارەکانی پێ سپێردرا و لەم ڕووەوە لێپرساوەتیی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستانی گرتە ئەستۆ کە کارەکەی هەماهەنگی بوو لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ خزمەت کردنی ئاوارەکان.

ساڵی ١٩٨٩ لەپلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا لە ناوزەنگ بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لێپرساوەتیی پاك کردنەوەی قەڵەمڕەوی نێوان مەرگەو دوکانی پێ سپێردرا و لەم ڕووەوە بەشدارییەکی کارای لە ڕزگارکردنی ناوچەکاندا کرد. لە کاتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەدا بارەگای لەگوندی شەدەڵە دانا.

لە کۆتایی ساڵدا کرایە ئەندامی دەستەی کارگێڕی بەرەی کوردستانی لەسەر پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٤ کرایە پارێزگاری کەرکوك لە دەربەندیخان. ساڵی ١٩٩٥ بەهۆی نەخۆشییەوە چووە ئەورووپاو لە نەمسا مایەوە. ساڵی دواتر کرایە لێپرساوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەتاران.

ساڵی ١٩٩٧ بووەتە لێپرساوی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك لەگوندی تەکیە. ساڵی ١٩٩٨ بووەتە جێگری لێپرساوی مەکتەبی ڕێکخستن. ساڵی ١٩٩٩ لێپرساوەتیی دەزگای شەهیدانی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٣ لەسەروبەندی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق، لێپرساوەتیی سەرپەرشتی کردنی شانە چەکدارەکانی ناو کەرکوکی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٤ وەك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە قۆناغی گواستنەوەدا گەڕایەوە بۆ پەرلەمان.

ساڵی ٢٠٠٥ بە پلەی ئەندامی پەرلەمان خانەنشین کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (ڕێکخراوی فریاگوزار).

## عەبدولکەریم ڕەئوف تاهیر



پێشمەرگەو کادیری پێشکەوتوو. ناسراو بە دکتۆر کەریم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە.

تا ساڵی ١٩٧٢ ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی عیراقی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو، بەڵام لە ساڵی

١٩٧٢دا پاش ئەوەی پارتی کۆمۆنیست بەرەیەکی سیاسیی لەگەڵ حزبی بەعسی دەسەڵاتدار پێکهێنا، وازی لە پابەندبونی خۆی بە پارتی کۆمۆنیست هێنا.

ساڵی ١٩٧٥ لە کۆیە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٩ خوێندنی لە بەشی شیکاری نەخۆشییەکانی پەیمانگای تەکنیکیی بەغدا تەواو کردووە. لەگەڵ تەواوکردنی خوێندندا، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. هەر ئەو ساڵە وازی لە کۆمەڵەی رەنجدەران هێناو پەیوەندیی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی کرد لە ناوچەکانی کۆیە، کۆسرەت و خۆشناوەتی. بە هۆی ئەم کارەوە، پلەی کادیری پێشکەوتوی بەدەست هێنا. ساڵی ١٩٨٢ پاش کارکردن بە سیستمی تیپەکان، بووە رابەری سیاسیی تیپی ٩٠ی باواجی. هەر ئەو ساڵە، دوای یەکگرتنەوەی هێڵی گشتی و بزوتنەوەی سۆسیالیست و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، درێژەی بە هەڵسوڕانی دا لە ناو ڕێکخراوە تازەکەو ساڵی پاشتر کرایە لێپرسراوی ناوچە. هەمان ساڵ لێپرسراوەتیی سکرتاریەتی تاڵەبانیی گرتە ئەستۆو لە هەمان کاتدا کرایە ئەندامی دەزگای ئیدارە.

لە ساڵی ١٩٨٥ بە دواوە لە لایەن سەرکردایەتییەوە هەندێ کاری دپلۆماتیکیی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان پێ سپێردراوە کە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە توانیویەتی بە ئەنجامیان بگەیەنێ. لە ساڵی ١٩٨٨ بە دواوە، کاتێك بارەگای سەرەکیی سەرکردایەتیی برایە قاسمە رەش، دەسەڵاتێکی زۆری بۆ رایی کردنی کاروباری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نوێنەرایەتی کردنی مەکتەبی سیاسی لە لای بەرپرسە ئێرانییەکانی ناوچە سنورییەکانی قەڵەمڕەوی ناحیەی سەردەشتی سەر بە شارستانی مەهاباد پێ درا و لەم کارەدا کە پێویستی بە توانا و بەهرەیەکی دپلۆماتیکییانەی زۆرە، سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە قۆڵەکانی پشدەر، رانیە، کۆیە، سلێمانی و دهۆك لەگەڵ هێزەکاندا بەپێی پلانی دانراو ئەرکی پێسپێردراوی خۆی جێبەجێ کردو دواتریش لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا بەشداریی کرد.

دوای راپەڕین، تاڵەبانی ئەرکی دروست کردنی رایەڵەی پەیوەندیی لەگەڵ خێڵەکاندا پێ سپارد. ساڵی ١٩٩٢ دوا بە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کرایە قایمقامی شێخان. ساڵی دواتر بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی گوێزرایەوە بۆ وەزارەتی هاوکاری و یارمەتیی مرۆڤایەتی. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٧-١٩٩٩ بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی بووەو دواتر کراوەتە راوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠١١ بە پلەی راوێژکار خانەنشین کراوە.

## عەبدوڵڵا عەبدولکەریم محەمەد



کادیرو پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە عەبدوڵڵا دلێر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی شاری کەرکوك و هەر لەو شارەش قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥

لە بەشی کیمیای کۆلیجی زانستی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوەو لە ساڵی ١٩٨٠دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە. لەئەیلولی ١٩٨٠دا فەرمانی گرتنی لەبەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی کەرکوکەوە دەرچوو. دوای دەرچونی فەرمانەکە بەچەند رۆژێك، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو دواتر لە بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە گوندی توژەڵە گیرسایەوە. هاوینی ساڵی ١٩٨١ گوێزرایەوە بۆ سنوری هەرێمی دوو و لەوێ وەك کادیری ناو جەماوەر لە ناوچەی شوانو قەڵاسێوکە کاری کرد. ساڵی دواتر کرایە لێپرسراوی دارایی تیپی ٢١ی کەرکوك. لە ساڵی ١٩٨٦دا بووە رابەری سیاسی لە سنوری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان. ساڵی ١٩٨٧ گوێزرایەوە بۆ بارەگای مەکتەبی راگەیاندن لە بەرگەڵوو و کرایە لێپرسراوی بەشی دابەشکردنی چاپەمەنی کە ئەرکەکەی رێکخستنی پرۆسەی دابەشکردنی چاپەمەنییەکان بوو بەسەر ڕێکخستنەکانی ناوشارو تیپەکانی هێزی پێشمەرگەو دامودەزگاکانی یەکێتیدا.

لە شوباتی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بە سەختی بریندار بووە. جاری یەکەم لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٢ لە شەڕی تەگباسان لە ناوچەی ئاغجەلەرو جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٧ لە سەرگەڵوو لە سۆنگەی تۆپبارانکردنی گوندەکەوە.

ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو بەشداریی لە ڕاپەڕیندا کرد. دوای راپەڕین ئەرکی ڕێکخراوەیی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٩٣دا کرایە کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆو پەیمانگاکان لەمەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانیو ساڵی دواتر بە ئەندامی مەڵبەند هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٩٥ بووە بەڕێوەبەری پەیمانگەی ناوەندیی مامۆستایانی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٦ بۆ جاری دووەم بە ئەندامی مەڵبەندی سلێمانی هەڵبژێردرایەوەو کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی پەیمانگاکان.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠١ ـ ٢٠٠٦ بەڕێوەبەری گشتیی ئاوارەکان بوو لە وەزارەتی مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفالکراوەکانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ساڵی ٢٠٠٣ دوای روخانی رژێمی بەعس و دانانی بارەگای مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك لە ناو شاری کەرکوك، کرایە کارگێڕی ئەو مەڵبەندەو لەو ماوەیەدا، لەگەڵ ژمارەیەك لە کادیرانی کەرکوکی، سەرقاڵ بوو بە فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی گەڕانەوەی ئاوارە کەرکوکییەکان بۆ زێدی خۆیانو لەم رووەوە بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی فریاکەوتنی ئاوارە.

ساڵی ٢٠٠٦ کرایە بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو هەر لەو ساڵەشدا بەشدار بوو لە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای پاراستنی ژینگەی کوردستان کەئۆفیسی سەرەکیی لە شاری هەولێرەو ئەرکەکەی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژینگەیە. پاش هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ، چالاکیی لە بواری مافی مرۆڤدا گواستەوە بۆ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.


## عەبدوڵڵا عەلیاوەیی



پەرلەمانتار و مامۆستای زانکۆ و کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی عەبدوڵڵا محەمەد عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی عەلیاوەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە دەشتی هەولێر. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥ لە بەشی مێژووی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٩٢ پلەی ماجستیری لەمێژوی هێرشی مەغۆل بۆ سەر کوردستان بەدەست هێناوەو هەر ئەو ساڵە بووەتە مامۆستا لە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێرو لە هەمان کاتدا لە کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مێژونوسانی کوردستاندا بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراوە.

ساڵی ١٩٩٣ بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆی سەلاحەددین. لە ساڵانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨دا ئەو و دکتۆر بەهرام خدر مەولود سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین ڕۆڵی کەناڵێکی پەیوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان گێڕاوەو بە شێوەیەکی سیستماتیك پەیامی نوسراو و سەرزارەکیی هەردولایان گەیاندۆتە یەکتری. ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژوی کورد لە سەردەمی عوسمانییەکان لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێنا.




ساڵی ٢٠٠٢ لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ناسراوی وەك دکتۆر بورهان یاسین و جەمال عەبدول و سەباح غالب بووەتە ئەندامی لیژنەی ئاشتی کە لیژنەیەکە وەك گروپێکی فشار بۆ بەدی هێنانی ئاشتی‌و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕی ناخۆ کاری کردووە.

ساڵی ٢٠٠٦ بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی هەڵبژێردرا، لە ناو ئەنجومەندا ئەندامی لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەوەری بووەو ڕۆڵی بڕیاردەری لیژنەکەی گێڕاوە. ساڵی ٢٠٠٩ بووەتە ئەندامی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەڵام ئەو کۆسپ‌و تەگەرانەی کە هەندێ لە

لایەن سیاسییەکان هێنایانە بەردەم لیژنەکە، هیچ دەرفەتێکیان بۆ بەستنی کۆنگرەکە نەهێشتەوە.

ساڵی ٢٠٠٨ سەرۆکایەتیی ئەو لیژنەیەی کرد کە سەرقاڵی دەرکردنی ئینسکلۆپیدیایەکی تایبەت بە هەولێر بوو. ساڵی ٢٠٠٩ ئینسکلۆپیدیاکە بە ١٠ بەرگ و لە دوتوێی ٤٨٥٦ لاپەڕەدا لە چاپچانەی گرین گالۆری لەبەیروت چاپ کرا.

بۆ ماوەی چەند ساڵێك وەك راوێژکاری گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کاری کردووەو لە ساڵی ٢٠١٠ دا لە ژمارە ٦١ بەدواوە بۆتە ئەندامی دەستەی نوسەرانی ئەو گۆڤارە.

ساڵی ٢٠١١ لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆدا کۆمەڵەی ئینسکلۆپیدیای کوردستانی دامەزراند. ساڵی ٢٠١٤ بووە راوێژکاری سەرۆکی کۆماری عیراق بۆ کاروباری ئەنجومەنی وەزیران.

## عەبدوڵڵا عیززەددین شاسوار



پێشمەرگەی دێرین و کادیری رێکخستن. ناسراو بە عەبدوڵڵا سیاسی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی حەساری ناوچەی شوان لە کەرکوك. ساڵی ١٩٧٤، کاتێك خوێندکاری ئامادەیی بوو لە شاری کەرکوك، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بوو بە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ کەرکوك و چۆوە سەر خوێندن. ساڵی دواتر خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد و هەر ئەو ساڵە لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی وەرگیرا.

ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی زانکۆی تەواو کردو ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی چوار ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. هەر ئەو ساڵە گوێزرایەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی و لەکەرتی ٢ی هەرێمی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی لەگوندی شێنێ درێژەی بە ژیانی پێشمەرگایەتیی دا.

لە ئابی ١٩٨٢دا، گوێزرایەوە بۆ تیپی ٢١ی کەرکوك و هەر ئەو ساڵە لەگەڵ تیپەکەدا بۆ بەشداری کردنی لە هێزی پشتیوان، بۆ جاری دووەم گەڕایەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی و بەشدار بوو لە چالاکییەکانی تیپەکە لەگوندەکانی مەزراوێ و ئالوەتان و کونە مشك لە ناوچەی سەردەشت. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٢ی شوانی هەمان تیپ.

ساڵی ١٩٨٣ کرایە ئەندامی پۆل لەکەرتی رێکخستنی چەمچەماڵ و رابەری سیاسیی کەرتی ٦ی شەهیدانی چیمەن. ساڵی ١٩٨٥ کرایە کادیری جەماوەری لە سنوری ناوچەی شوان و پاشان بوو بە رێکخەری سنورەکە.

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ کرایە جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو لەدۆڵی جافەتی. پاش مانگێك لەگەڵ ٧١ پێشمەرگەدا کە دەرچوی ئامادەیی و زانکۆ بون، رەوانەی ئێران کرا بۆ بەشداری کردن لە خولێکی فەرماندەییدا کە سوپای پاسداران لەتاران بۆ پێشمەرگەی یەکێتی سازی کردبوو. لەو خولەدا زانستە عەسکەرییەکانی خوێندو مەشقی لەسەر بەکارهێنانی چەند جۆرێکی چەکی سوك و قورس کرد.

لە حوزەیرانی ١٩٨٨دا گوێزرایەوە بۆ تیپی ٢١ی کەرکوك کە لەو کاتەدا بە هۆی شاڵاوی ئەنفالەکانەوە لە سنوری خۆشناوەتی جێگیر ببوو. هەر ئەو ساڵە، لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور،

لەگوندی بلەکێ گیرسایەوەو ماڵیشی بردە شاری سەقز.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠دا، لە کاتی خۆئامادەکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەی ڕاپەڕین، کرایە جێگری تیپی ٦٢ی بەتالیۆنی ٦ی کەرکوك. لە کاتی ڕاپەڕیندا بەشدارییەکی کاریگەرانەی کرد، بەتایبەتی لە شەڕەکانی سنوری کەرکوکدا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە: جارێك لە ساڵی ١٩٨٦دا، لە کاتی هێرش کردندا بۆ سەر ڕەبیەکانی پشتێنی ئەمنیی کەرکوك، جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٧دا، لە کاتی هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر هێزەکانی سوپای عیراق لەگوندی کەندەشین لە ناوچەی سورداش و جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٩١دا، لە کاتی هێرش کردنی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سەربازگەی خالید لەدوبز.

پاش ڕاپەڕین، کرایە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی قەرەهەنجیر. ساڵی ١٩٩٢ کرایە کارگێڕی کۆمیتەی کەرکوکو پاشان کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی چەمچەماڵ. ساڵی ١٩٩٣ کرایە کارگێڕی مەڵبەندی دوی ڕێکخستنی کەرکوك.

لە شوباتی ساڵی ١٩٩٨دا کرایە قایمقامی قەزای چەمچەماڵ. لە ماوەی دەستبەکاربونی، قەزاکە چەند پرۆژەیەکی گرنگی فێرکاریو خزمەتگوزاریی بەخۆوە بینی وەك پرۆژەی ئاوی بازیان- چەمچەماڵ، دامەزراندنی هەردوو پەیمانگەی مامۆستایانو تەکنیکی لە چەمچەماڵو دوروست کردنی نزیکەی ١٥٠٠ خانوو بۆ ئاوارەکانی کەرکوك لە چەمچەماڵو تەکیەو قەرەناو.

ساڵی ٢٠٠٣ بووە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کشتوکاڵ. ساڵی ٢٠٠٩ کرایە ئەندامی یەکەم خولی ئەنجومەنی ناوەند. ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین بوو.

## عەبدوڵڵا قادر حەمەلاو



فەرماندە. ناسراو بە عەبە ڕەق. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی. تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندوە. بە هۆی هەژارییەوە، دەستی لە خوێندن هەڵگرتووەو ژیانی ڕۆژانەی بە کرێکاری بردۆتە سەر. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو یەکێ لە ئەندامە چالاك و بەدەستوبردەکانی بوو.

ساڵی ١٩٧٩ پاش پەرەسەندنی ئەگەری ئاشکرابونی، لەگوندی گۆمەبەرێ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە کەرتی ٢ی بازیانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووە پێشمەرگە. پاشان گوێزرایەوە بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگو دواتر بۆ کەرتی زیندان. ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٢ی هەرێمی ٣ی شارباژێر. ساڵی ١٩٨٢ دوای پیادەکردنی سیستمی تیپەکانو پێکهێنانی تیپی ٣٧ی شارباژێر بە پلەی فەرماندەی مەفرەزە پێشمەرگایەتیی لەو تیپەدا کرد. دواتریش لە تیپی ٣١ی سلێمانی کرایە فەرماندەی کەرت.

لە پێشمەرگایەتیدا پلەکانی یەك لەدوای یەك بڕی. دوای ئەوەی کە بووە فەرماندەی مەفرەزە، کرایە جێگری فەرماندەی کەرتو پاشان فەرماندەی کەرتو دواتریش فەرماندەی تیپ. ساڵی ١٩٨٨ پاش شاڵاوەکانی ئەنفال کرایە فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا شەش جار لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا بریندار کراوە.

ساڵی ١٩٨٨ پاش چڕبونەوەی جەنگی کیمیایی لە

دژی کوردو کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی سەر سنور، لەگوندی بلەکێ گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٩ پاش پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی پارتیزان، بەشداریی تێدا کردو هەر ئەو ساڵە، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی لە ناو شاری سلێمانیو پەیوەندی کردنی بە ڕێکخراوی سلێمانییەوە، توانی ڕێوشوێنێکی مسۆگەر بۆ پێکەوە گرێدانی سەرکردایەتیی یەکێتیو ڕێکخستنەکانی ناوشار بدۆزێتەوە. لەهەلومەرجی ئەو کاتەدا ئەم کارە بایەخێکی تایبەتی هەبوو و بووە مایەی ئەوەی کە ڕاپەڵەیەکی بەهێزو ئاستێکی بەرزی هەماهەنگی لە نێوان ڕێکخراوی سلێمانیو بنکەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە قاسمەڕەش بێتە ئاراوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە بەشێکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی قەیوان ـ ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦ کە تێیدا هەر جارەی هێزەکانی عیراق پێشڕەوییان بکردایەو بەرەی کەڵکی قەیوانیان بگرتایە، تیپی ٣١ی سلێمانی لە هێزەکانی عیراقی دەسەندەوە. هەروەها لە ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٧ی داستانی رزگاریدا تیپی ٣١ی سلێمانی گرتنی چیای گۆیژەو بەشێکی چیای ئەزمڕی پێ سپێردرا و ئەو ئەرکەی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرد.

ساڵی ١٩٩٠ دوا بە دوای هێرشی عیراق بۆ سەر کوێت، بە پێی ئەو نەخشەیەی کە سەرکردایەتیی یەکێتیی داینابوو، پەیوەندیی بە ژمارەیەکی زۆری ئەو پێشمەرگانەوە کرد کە لە دوای شاڵاوی ئەنفالەکان وازیان لەپێشمەرگایەتی هێنابوو و چەندین شانەی چەکداری لێ دروست کردن بۆ بەشداری لەو راپەڕینەی کە ساڵی ١٩٩١ هەڵایسا. لە راپەڕیندا، بە هێزێکەوە چووە ناو شاری سلێمانیو بەشدار بوو لە شەڕی ئەمنە سورەکەو لەم روەوە رۆڵێکی دیاری لەراماڵینی دەسەڵاتی بەعس لە سلێمانیو دەوروبەری هەبوو. دواتریش، بەشدارییەکی کارای لە رزگارکردنی شاری کەرکوکدا کرد. لە کاتی کۆڕەوەکەدا، بەشدار بوو لە دروست کردنی پشتێنەیەکی بەهێز لە چیای ئەزمڕو بەرپەرچی هێرشەکانی هێزەکانی عیراقی دایەوە. لەو شەڕگەیە بریندار کرا و بۆ چارەسەر برایە قەڵاچواڵان. پاش راگەیاندنی ئاگربڕ لە نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراقدا، بەرەی ئەزمڕ بووە هێڵی سنوری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق.

لە ماوەی نێوان ١٩٩١ ـ ٢٠١٢ چەندین پلەی لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە پێ دراوە.

لە٢٨ی کانونی یەکەمی ٢٠١٢دا لە کاتێکدا کە لە ناحیەی سیتەکەوە بە مەبەستی بەشداری کردن لەهەڵبژاردنی لقەکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتبو، ئوتومبیلەکەی وەرگەڕاو بە سەختی بریندار بوو. لە٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٣ دا کۆچی دوایی کرد. پاش کۆچ کردنی بە چەند مانگێك، محەمەد مەردان کتێبێکی بە ناونیشانی «گوڵەگەنمێك لە سلێمانی: خەرمانێك لە داستان و سەروەری» لەسەر ژیان و هەڵسوڕانی دەرکرد.

## عەبدوڵڵا کانی بەردی



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی عەبدوڵڵا ئیسماعیل عەزیز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی کانی بەرد لە ناحیەی بالیسانی سەر بە قەزای شەقڵاوە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شەقڵاوە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٣ چۆتە ئامادەیی کشتوکاڵ لە هەولێر. ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای کۆتایی هاتنی قۆناغی ئاشتی و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق، وازی لە خوێندن هێنا و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و بووە پێشمەرگە. پاش هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، بۆ دیوانیە لە پارێزگای قادسیە دور خرایەوە. لەوێ لە ئامادەیی کشتوکاڵی دیوانیە، درێژەی بە خوێندنی دا. ساڵی ١٩٧٧ پاش دوو ساڵ ژیان لە تاراوگە، ڕێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر و پۆلی سێیەمی لەوێ تەواو کرد. ساڵی ١٩٧٨ لە فەرمانگەی کشتوکاڵی شەقڵاوە بە کارمەند دامەزرا.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی سنوری خۆشناوەتی دروست کرد و بووە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوەوە کرد و خۆی و هەڤاڵێکی پێکەوە سەرپەرشتیی پۆلێکی ڕێکخستنی نهێنییان کرد.

ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لە تیپی ٨٣ی هەورێ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی پاشتر لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی لە تیپەکە گرتە ئەستۆ و پلەی ڕێکخەری پێ درا. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بریندار بووە. جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٨٧ بە گازی کیمیایی لە گوندی شێخ وەسانان و جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بە پارچەی هاوەن لە چیای ورچەچ لە دۆڵی جافەتی.

ساڵی ١٩٨٨ بە هۆی جەنگی کیمیایی و شاڵاوەکانی ئەنفالەوە، بە خێزانەوە ئاوارەی ئێران بوو. ساڵی ١٩٩٠ وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بنکەی گومرگی بەرەی کوردستانی لە قەندیل دانرا.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا لەگەڵ ئەو هێزە دابەزی کە ئەرکی ڕزگارکردنی شەقڵاوەی پێ سپێردرا بوو. هەر ئەو ساڵە، پاش ڕاپەڕین، کرایە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە و دواتر بووە کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقڵاوە. ساڵی پاشتر بووە ئەندامی مەڵبەندی ٦ی ڕێکخستنی سۆران و ئەرکی لێپرسراوی کۆمیتەی شەهیدانی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٤ سەرپەرشتیی ئیدارەی لەشکری ڕەواندزی کرد. ساڵی ١٩٩٥ بە کارگێڕی مەڵبەندی ٦ی ڕێکخستنی سۆران هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٦ کرایە جێگری لێپرسراوی قۆڵی ڕەواندز. ساڵی ١٩٩٨ کرایە ڕابەری سیاسیی فەرماندەیی بالیسان و سەرپەرشتیاری بەشی سیاسیی بنکەی مەشق و ڕاهێنانی ڕاپەڕین.

ساڵی ٢٠٠٠ لە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بووە کارگێڕ و ساڵی دواتر بەشداریی لە خولی فەرماندەییەکاندا کرد. ساڵی ٢٠٠٢ بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە و هەر ئەو ساڵە خوێندنی لە کۆلیجی عەسکەریی قەڵاچوالان تەواو کرد و یەکێ لە دەرچووەکانی خولی ٦ ی فەرماندەیی بوو.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٩ دا سەرپەرشتیی ئامار و داتای دەنگدانی تایبەتی کردووە و سوپاسنامەی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق وەرگرتووە. لەم سەروبەندەشدا بەرپرسی لیژنەی بایۆمەتریی موچەی هێزەکانی ٧٠ بوو. ساڵی ٢٠١٢ لێپرسراوەتیی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکانی گرتۆتە ئەستۆ و کراوەتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەرماندەیی هێزەکانی ٧٠.


ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی راپەڕین، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ٤ی ئازاری ٢٠٢٠دا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا کە بۆ هەڵبژاردنی لێپرساوانی مەڵبەندەکانی ڕێکخستن تەرخان کرا بوو، بە لێپرسراوی مەڵبەندی ١٠ی ڕێکخستنی پێشمەرگە هەڵبژێردرا.

## عەبدوڵڵا کەریم مەحمود



نوسەرو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی هەزار کانیی ڕەباتی سەر بە ناحیەی سەنگاو. لە ساڵی ١٩٥٩ ماڵیان لەگوندی هەزار کانییەوە گواستویەتییەوە بۆ گەڕەکی ئابلاخ لە شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی بێکەسو ناوەندیی لە وەتەن تەواو کردووەو دواتر روی کردۆتە خوێندن لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی.

ژیانی ئەدەبیی بەهۆنراوەو چیرۆکی منداڵان دەست پێکردو لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا کەوتە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی. ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٦، پاش ئەزمونە سەخت و تفت و تاڵەکەی هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. هەر لەو ساڵەدا بەشێکی بەرچاوی بەرهەمەکانی لەگۆڤارەکانی «بەیان» و «نوسەری کورد»و «ڕۆشنبیری نوێ» و «ڕۆژی کوردستان»




و ڕۆژنامەکانی «هاوکاری» و «عیراق»دا بڵاو کردەوە.

ساڵی ١٩٧٧ یەکەم دیوانە شیعری بە ناونیشانی «مژدانەی شەکراوێکی تاڵ» و لە ساڵی پاشتردا چەند چیرۆکێکی بۆ منداڵان بە ناونیشانی «سرودی شادمانی» بەچاپ گەیاند.

ساڵی ١٩٧٩ بە مامۆستا دامەزراوەو ژیانی مامۆستایەتیی دەست پێ کردوەو هەر لەو ساڵەشدا لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر هونەرمەند مەزهەری خالقی بڵاو کردۆتەوە. ساڵی ١٩٨٤ بەر لەوەی کە ببێ بە پێشمەرگە، دیوانە شیعرێکی بە ناونیشانی «بە هۆرەی کام کێو ئاشنای» بڵاو کردەوە.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو


لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئازادی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی پێ سپێردرا کە ئەرکەکەی سەرپەرشتی کردنی کاروباری ڕێکخستنی ناوچەی دۆڵی جافەتی بوو. لەو ماوەیەدا بووە ئەندامی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانو بابەتەکانی لەگۆڤارەکانی «نوسەری کوردستان» و «گزنگ» و «نوسەری چیا»دا بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە شاری سەقز گیرسایەوەو تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەوێ بوو.

قۆناغی دوای ڕاپەڕین بە قۆناغی گەشەکردنی شێوازی نوسینی دادەنرێ. لە ساڵانی سەرەتای دەرچونی ڕووژنامەی کوردستانی نوێدا وەك ڕۆژنامەنوسو نوسەر بەرهەمی تێدا بڵاو کردۆتەوەو هەروەها چەردەیەك بابەتی لەسەر شاڵاوی ئەنفالەکانو بوارە جیاجیاکان لە ڕۆژنامەکانی «ئاڵای ئازادی» و «کوردستان» و «هەرێم» بڵاو کردۆتەوە. ساڵی ١٩٩٨ بووە ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «تایم»و لە ژمارەی پێنجەم بەدواوە ریزە ریپۆرتاژێکی سەبارەت بەهەندێ بابەتی وەك پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی و شارەوانیی سلێمانیو یاخیبونی هەمەوەندەکان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا و ژیانی فۆلکلۆریی ماوەتو کەنیسەی مەسیحییەکانی سلێمانیو نهێنییەکانی گروپی هەقە بڵاوکردەوە کە لە ژیانی ڕۆشنبیریدا دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبوو.

ساڵی ٢٠٠١ کتێبێکی دیکۆمێنتاری گرنگی لەسەر مامە ریشە بە ناوی «پێشمەرگە پۆڵایینەکە» بڵاو کردەوە کە سەرنجێکی زۆرتری بەلای ژیان و تێکۆشانی مامە ریشەدا ڕاکێشا. ساڵی ٢٠٠٢ یەکێ لەگرنگترین بەرهەمەکانی، کەتایبەت بوو بە گێڕانەوەی سەرگوزشتەکانی ئەنفالو جەنگی کیمیایی، بە ناونیشانی «ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال» بڵاو کردەوەو پاش دوو ساڵ بەشی دووەمی هەمان کتێبی بڵاو کردەوە. ئەم کتێبە بە هەردوو بەشەکەیەوە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە ژیانی ڕووشنبیریدا هەبوو و لەم سۆنگەیەوە بەشی دووەمی کتێبەکە خەڵاتی باشترین کتێبی ساڵی ٢٠٠٤ی لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە پێ بەخشرا.

ساڵی ٢٠٠٥ کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن و ساڵی ٢٠١٠ خانەنشین کرا.

## عەبدوڵڵا مام عەلی



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی تیپ و پەرلەمانتار. ناوی تەواوی عەبدوڵڵا عەلی ئیبراهیم حسێن. ناسراو بە عەبدوڵڵای مام عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی شاری قەڵادزێ. لە سەنگەسەر خراوەتە بەر خوێندن و لە ڕانیە هەردوو قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووە، دواتریش قۆناغی ئامادەیی لە قەڵادزێ تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٩ چۆتە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دواتر پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە.

هەرچەند لە ساڵی ١٩٧١دا پۆلی شەشەمی زانستیی تەواو کرد، بەڵام بەردەوام نەبوو لە سەر خوێندن و ئەوەی پێ باشتر بوو کە وەك کادیرێکی ڕێکخستن خۆی بۆ کاری حزبی تەرخان بکات. ساڵی دواتر لە بەشی ژمێریاریی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان کرایە لێپرسراوی کارگێڕی و دارایی هێزی کاوە لە دەڤەری پشدەر.

ساڵی ١٩٧٥، لەگەڵ هەرەس هێنانی شۆڕشدا، ئاوارەی ئێران بوو و لە کرماشان، ئەهوازو لوڕستان ژیانی بردە سەر. لەو ماوەیەدا دەوڵەت بە ئەفسەری شکاربانی دایمەزراند کە کارەکەی ڕێگرتنە لە راوکردنی باڵندەو ئاژەڵی کێوی.

ساڵی ١٩٧٧ لە ئێران پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٧٩دا پاش روخانی رژێمی شا گەڕایەوە بۆ کوردستانی عیراق و لە ریزەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کاری کرد. ساڵی ١٩٨١ کرایە کارگێڕ لە لقی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەم سەروبەندەدا کەوتە کارکردن بۆ فراوان کردنی تەونی ڕێکخراوەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنوری لقەکەدا.

دواتر وازی لە کاری ڕێکخستن هێنا و لێپرسراوەتیی عەسکەریی لە تیپەکان وەرگرت. ساڵی ١٩٨٢ فەرماندەیی تیپی ٨٣ی هەورێی پێ سپێردرا. ساڵی دواتر فەرماندەیی تیپی ٩٩ی بیتوێنی گرتە ئەستۆو لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤دا کرایە فەرماندەی تیپی ٦٣ی جوتیاران.

ساڵی ١٩٨٦ کاروباری پەیوەندییەکانی لە ئێران پێ سپێردرا و لەم سەروبەندەدا تا ساڵی ١٩٨٩ لە سەردەشت و پیرانشار خزمەتی کرد.

لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ راپەڕینی ١٩٩١، رۆڵێکی دیاری گێڕا و لە سنوری ناوچەکانی پشدەرو رانیە بەشدار بوو لە دروست کردنی رایەڵێکی فراوانی پەیوەندی کە لە کاتی جێبەجێ کردنی پلانی راپەڕیندا یارمەتیدەر بوو بۆ بەرێوەچونی رەوشەکە بەو چەشنەی کە دەویسترا. لە ئۆپەراسیۆنی دابەشکردنی هێزی پێشمەرگە بەسەر ناوچەکاندا بە پێی پلانی راپەڕین، جێگری لێپرسراوی قۆڵی بیتوێن بوو.

دوای سەرکەوتنی راپەڕین، کرایە فەرماندەی هێزی ٩ی پشدەر لە ناوچەی بیتوێن و ساڵی پاشتر لێپرسراوەتیی عەسکەریی قۆڵی باڵەکی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٩٢ پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کرایە یەکەم قایمقامی قەزای رانیە دوای راپەڕین. دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی قەزای پشدەریشی پێ سپێردرا و تا ساڵی ١٩٩٥ وەك قایمقامی هەردوو قەزا کاری کرد. هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ٢٠٠٩ لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، لەسەر لیستی کوردستانی بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا و لە چوارچێوەی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کرد. بەڵام لە ساڵی ٢٠١١دا دەستی لەکار کێشایەوەو وازی لە پەرلەمان هێنا.

## عەبدوڵڵا وسو عەبدوڵڵا



پێشمەرگەی دێرینو فەرماندەی تیپ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی باوزێی ناوچەی پشدەر. لە ساڵی ١٩٧٣دا بۆتە پێشمەرگەو لە ساڵی ١٩٧٥دا، دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ئاوارەی ئێران بووە. هەر ئەو ساڵە گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و لە باوزێ گیرساوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانە بەراییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوەو

پەیوەندیی بەو هێزانەوە کرد کە عەلی عەسکەری و ڕەسول مامەند رابەرایەتییان دەکردن. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە دانانی بۆسەیەك لەسەر بەستی چەکوان، لە نێوان هەردوو گوندی ئیسێوەو گەناو کە تێیدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر شەش کلاشنکۆفدا گرتووە. بیر بۆ ئەوە دەچێ کەئەم چالاکییە یەکەم چالاکیی هێزی پێشمەرگەیە لە سنوری پشدەر پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا.

ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا کرد کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چونە سەر سنوری عێراق- تورکیا بە مەبەستی وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە نیاز وابوو لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. دوای ئەوەی کە ئۆپەراسیۆنەکە شکستی هێنا و هێزەکە لە تویەت بوو، عەبدوڵڵا وسو گەڕایەوەو لەگوندی دەرماناوێ گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ دەرچونی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان بەسەرکردایەتیی ڕەسول مامەند لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ جیابووەکان وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا بەڵام لە ساڵی ١٩٨١دا لەگەڵ ژمارەیەك کادیری عەسکەریدا وازی لە جیابوەکان هێنا و گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانی. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٦٣ی جوتیاران، هەروەها لە هەمان ساڵدا بەشدارییەکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەفریای هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چونو بەرەیەکی بەهێزیان لە بەردەم پێشڕەویی هێزی پاسدارانی ئێراندا دامەزراند. لەم ئۆپەراسیۆنەدا عەبدوڵڵا وسو ڕۆڵێکی کارای لەبەرەی بێوراندا گێڕا.

ساڵی ١٩٨٣ ڕۆڵێکی دیاری لە شەڕی گردەبێناسدا گێڕا کە تێیدا هێزەکانی تیپی ٦٣ی جوتیاران گورزێکی کاریگەریان لە هێزە پەلاماردەرەکانی عیراق وەشاند، زیاتر لە ٣٠٠ سەربازیان لێ کوشت و دوو هەلیکۆپتەریان لە شەڕەکە پێکا.

ساڵی ١٩٨٦ پاش پێکهێنانی تیپی ٦٥ی بلفەت، کرایە جێگری فەرماندەی تیپەکە. ساڵی ١٩٨٨ لەبەری مەرگە ڕۆڵێکی دیاری لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالەکاندا گێڕا. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە شاری سەردەشت گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی تیپی ٧٩ی سادر.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا بەشدارییەکی کارای لە جێبەجێ کردنی نەخشەی ڕاپەڕیندا کردو لەو هێزەدا بوو کەئەرکی چونە ناو سلێمانیی پێ سپێردرابوو. لە ناو شاریش بەشدار بوو لەهێرش کردنە سەر بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی سلێمانیو گرتنی. پاشانیش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی کەرکوکدا. پاش ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆن لە ناوچەی پشدەر. ساڵی ١٩٩٤ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* گردە بێناس (شەڕ).

## عەبدولمەسیح پۆلس سلێوە یەلدا*



پێشمەرگە. ناسراو بە سۆران لە بنەماڵەیەکی مەسیحیی کلدانە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی عەنکاوە لە هەولێر. ساڵی ١٩٨٠ لە دهۆك بە

مامۆستا دامەزرا و پاش چەند مانگێك بۆ هەولێر گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨١ پاش بانگ کردنی لەدایکبوانی ساڵی ١٩٥٤ بۆ خزمەتی سەربازی، پەیوەندیی بە سوپاوە کرد، بەڵام هەمووی چەند مانگێکی نەبرد، وازی لە سوپای عیراق هێنا و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

لە پێشمەرگایەتیدا وەك کادیرێکی سیاسی لە ناوچەی بەرانەتی رۆڵێکی گەورەی گێڕا، لە ناو شاری هەولێریش وەك هەڵسوڕاوێکی چالاکییە شۆڕشگێڕییەکان دەستێکی باڵای هەبوو. لە ١٤ی ئابی ١٩٨٨دا لە پیرزین بە دەستی خۆفرۆشێك شەهید کرا و لەگۆڕستانەکەی نزیك کارگەی قیری هەولێر لەسەر رێگای هەولێر- مەخمور نێژرا. دە رۆژ پاش شەهید کردنی، دەزگا ئەمنییەکانی هەولێر باوك و دایکی و چوار خوشکی و ژنەکەی و کچەکەیان گرت و بێسەروشوێنیان کردن. پاش چەند هەفتەیەك شوانێك لەخوار هەولێر چوار تەرمی دۆزییەوەو پۆلیسی مەخموری لێ ئاگادار کرد. پۆلیس تەرمەکانی بۆ نەخۆشخانەی هەولێر گواستەوەو لەوێ دەرکەوت تەرمەکان هی باوك و دایکی و هەردوو خوشکەکەی حەمامەو سەبیحەن. دوا بەدوای ئەمە، دەزگا ئەمنییەکان هەڵیانکوتایە سەر نەخۆشخانەکەو هەر چوار تەرمەکەیان بردو لەگۆڕستانەکەی سەر رێی مەخمور ناشتیانن.

پاش راپەڕینی ١٩٩١، تەرمی سۆران و باوك و دایك و دوو خوشکەکەی لە ١٧ی ئەیلول لە گۆڕستانەکەی سەر رێی هەولێر- مەخمور دەرهێنران و بەرێپێوانێکی جەماوەری، گوێزرانەوە بۆ گۆڕستانی عەنکاوە. بەڵام تا ئێستا تەرمی خوشکەکانی، نادیەو شەزاو هەروەها سێبەری ژنی و ژاڵەی کچی، نەدۆزراونەتەوە.

## عەدنان محەمەد قادر



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناسراو بە عەدنانی حەمەی مینا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ی پێنجوێن. خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە بواری زانستی سیاسەت.

لە ساڵانی شەستەکان تێکەڵ بەکاری رێکخراوەیی خوێندکاران بوو. لە ساڵانی ١٩٧٢- ١٩٧٤ ئەندامی لیژنەی ناوچەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و ناوچەی لاوان بوو. ساڵی ١٩٧٤، لە کاتێکدا کە خوێندکاری پۆلی چواری ئامادەیی بوو، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش گەڕایەوەو دەستی بەخوێندن کردەوە. هەر ئەو ساڵە لە ئۆردوگای لەیلا قاسم لە پێنجوێن پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٨ بوو بە ئەندامی رێکخراوی زمناکۆ کە سنوری چالاکیی، دەربەندیخان و کەلارو کفری و دەوروبەری گرتۆتەوە. دواتر بووە لێپرسراوی رێکخراوەکە. دوای ئەوەش کە رێکخراوەکە بووە بەشێك لەکۆمیتەی رێکخستنی ٤ی سەر بەسەرکردایەتیی رێکخستنی ناوخۆ، بوو بە ئەندامی کۆمیتەکە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەکەرتی ٣ی هەرێمی ٥ی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردو بووە رابەری سیاسی. هاوینی ئەو ساڵە بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی گەرمیانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنوری داودەو بناری گل. ساڵی ١٩٨٢ ئەندامی کەرتی

رێكخستنی كفری و دوزخورماتوو بوو.

ساڵی ١٩٨٤ بووه فەرماندەی كەرت لە تیپی ٥١ی گەرمیان و دواتر گوێزرایەوە بۆ تیپی ٥٣ی شێروانە. ساڵی ١٩٨٧ بووه فەرماندەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەك لە قەرەداغ. ساڵی ١٩٨٨ لە پەلامارەكانی ئەنفالدا بۆ ماوەیەكی كەم گوێزرایەوە بۆ تیپی ٥٧ی سەگرمە. كاتێك هێزی پێشمەرگە كشایەوە سەر سنور، یەكێ لەو فەرماندانە بوو كە لەگەرمیان مانەوەو درێژەیان بەهەڵسوڕانی پێشمەرگانە دا.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا رۆڵێكی كارای لە ناوچەی كەلاردا بینی. دوای راپەڕین، بووه فەرماندەی هێزی ٢ی پێنجوێن و ١٦ی گەرمیان و دواتر بووه فەرماندەی لەشكری گەرمیان.

پاش پێكهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لە ساڵی ١٩٩٣ كرایە قایمقامی دەربەندیخان. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ بووه لێپرسراوی مەڵبەندی ١١ی رێكخستنی گەرمیان. مانگی تشرینی دووەمی ئەو ساڵە كرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٩ی شارەزوورو فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی شارەزوور. ساڵی ١٩٩٩ بووه كارگێڕ لە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی كوردستان. لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٣ بووه لێپرسراوی مەكتەبی كۆمەڵایەتی.

لە كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بووه وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی. لە كۆنگرەی سێیەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٠، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی هەڵبژێردرا.

پاش كۆنگرە بە لێپرسراوی مەڵبەندی رێكخستنی گەرمیان دانرا و لە كۆتای ساڵی ٢٠١٣دا لێپرسراوەتیی مەڵبەندی رێكخستنی راپەڕینی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە كۆنگرەی چوارەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، لەسەر بازنەی گەرمیان بە ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

## عەدنان موفتی



ئەندامی مەكتەبی سیاسی. لە بنەماڵەیەكی ئاینی و كوردپەروەری شاری هەولێرە. لەدایكبووی ساڵی ١٩٤٩ی شاری هەولێر. بڕوانامەی بەكالۆریۆسی ژمێریاریی لە زانكۆی موستەنسریە هەیە.

ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە رێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە كرد. ساڵی ١٩٧١ بەوردبین لە سەرۆكایەتیی زانكۆی بەغدا دامەزرا و تا ساڵی ١٩٧٤ لێپرساوەتیی رێكخستنی خوێندكارانی پارتیی زانكۆی موستەنسریەی گرتە ئەستۆو بە هۆی ئەم هەڵسوڕانەوە ماوەیەك لە ساڵی ١٩٧١ لە لایەن دەزگای ئەمنی بەغداوە دەستگیر كرا.

ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی تێكچوونی پەیوەندییەكانی نێوان كوردو حكومەتی عیراقەوە، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە كردو هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە دامەزراندنی دەزگای دارایی شۆڕشدا كرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێرو دواتر پەیوەندیی لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە سوریا دامەزراند. هەمان ساڵ عیراقی بەجێ هێشت و لە سوریا گیرسایەوە. لەوێ، لە

کۆتایی ئەوساڵەدا لەگەڵ هەر یەك لە دکتۆر مەحمود عوسمان و شەمسەددین موفتی و قادر جەباری بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. دوا بەدوای گەڕانەوەی دکتۆر مەحمود عوسمان و قادر جەباری بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧، ئەویش لە ساڵی ١٩٧٨دا گەڕایەوە بۆ کوردستان و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

پاش جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکگرتنەوەی لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لە کۆنفرەنسی ئابی ١٩٧٩دا کە حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی لێ کەوتەوە، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی سۆسیالست کە ساڵی ١٩٨١ لە دۆڵەتوو بەسترا، بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ساڵانی هەشتاکاندا لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری سەرکردایەتیدا سەرپەرشتیی کاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی سۆسیالیستی کرد لە ئەورووپاو جیهانی عەرەب. لە سەروبەندی بەگەڕ کەوتنی هەوڵەکان بۆ ئاشتبوونەوەی یەکێتی و حزبی سۆسیالیست رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، کە ئەمەش لە ساڵی ١٩٨٦ بە واژۆکردنی رێککەوتننامەی ئاشتیی نێوان یەکێتی و حزبی سۆسیالیست بە ئاکام گەیشت و ئەم رێککەوتننامەیەش دواتر بوو بە هەوێنی ئاشتبوونەوەی گشتی و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی.

لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ لە ناوچەی مەرگە لە لایەن نۆکەرێکی رژێمی بەعسەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە هەڤاڵەکانی بە ژەهری سالیۆم ژەهر خواردوو کراو بە مەبەستی چارەسەرکردن بە پەلەپروزێ بۆ لەندەن گوێزرایەوە.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە مانگی تەموزدا لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسماندا نوێنەرایەتیی حزبی سۆسیالیستی کرد لەو شاندەی بەرەی کوردستانی کە بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی چوو بۆ بەغدا بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عیراقدا.

ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد، بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر. لەو ماوەیەدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ شەڕی ناوخۆ، لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا بەشداریی کردو لەم رووەوە هۆکارێکی گرنگی ئاشتی و تەبایی بوو، بەتایبەتی لە کۆبوونەوەکانی تاران و لەندەن و دیمەشق، هەروەها لە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٩٦ رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو.

سێ ساڵ نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە قاهیرەی پایتەختی میسرو یەکێ بوو لەرێکخەرانی سیمیناری دایەلۆگی کورد- عەرەب کە ساڵی ١٩٩٨ لەقاهیرە بەسترا.

ساڵی ١٩٩٩ پۆستی وەزیری شارەوانیی لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت و دواتریش بووە وەزیری دارایی و ئابووری و پاشان بووە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و پاشان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. لە شوباتی ٢٠٠٤ لەکردەوەیەکی تیرۆریستیدا لە ناو بارەگای مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر بە سەختی بریندار بوو و بۆ ماوەی چوار مانگ لە ژێر چاودێریی پزیشکی مایەوە.

لە ٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ بە سەرۆکی پەرلەمانی

کوردستان هەڵبژێردرا و تا ساڵی ٢٠٠٩ لەو پۆستە مایەوە. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە و دواتر لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بووە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی، ساڵی ٢٠٢٠یش لە گفتوگۆکانی نێوان نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو ئەنجومەن ڕۆڵێکی کارای لە سەرخستنی گفتوگۆکاندا هەبوو.


## عەربەت (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ی قەرەداغە لە ساڵی ١٩٨٣ لەئۆردوگای زۆرەملێی عەربەت لە پارێزگای سلێمانی. لە٤ی شوباتی ١٩٨٣دا پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ی قەرەداغ بە شەو هێرشیان کردە سەر بارەگای جەیش شەعبی لە ئۆردوگای عەربەت. سەرەڕای ئەوەی کە هێزێکی دوژمن بەفریای بارەگا گەمارۆدراوەکە چوو بەڵام ئەمە هیچی لە ڕەوشەکە نەگۆڕیو ئەو هێزەش کە بە فریای بارەگاکە چوو بوو تەقەی لێ کراو نەیتوانی فریای بارەگاکە بکەوێ.

لە بەرەنجامی کۆتاییدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر بارەگاکەدا گرت و ١١ چەکداری جەیش شەعبیی بەدیل گرت کەناوەکانیان لەئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرانەوە، لەوانە بەرپرسی بارەگاکە.

بە هۆی شەڕەکەوە، بارەگاکە وێران کرا و هێزی پێشمەرگە کە هیچ زیانێکی نەبوو، دەستی بەسەر ٩ پارچە چەك و هەندێ تەقەمەنیدا گرت.

## عەزیز خدر باوەکر*



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە مەلا غەفور. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٠ی گوندی عالاوەی بناری چیای سەفین لە دۆڵی حوجران. لە حوجرە خوێندویەتیو نازناوی مەلای لەوەوە هاتووە. بەفەرمانبەر لە بەشی دارستانی فەرمانگەی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بۆتە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەك ئاوارەی ئێران بووە بەڵام زوو ژیانی ئاوارەیی ڕەت کردۆتەوەو گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر. لەوێ چۆتەوە سەر کارکردن لە فەرمانگەی کشتوکاڵ.

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لەو قۆناغەدا وەك کادیرێکی گورجو گۆڵ کاری کردووە. تامەزرۆی گەشەپێدانی بیری شۆڕشگێڕانەی خۆی بووەو بەهۆی ئەمەوە لەبازنە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەدا گەشەی کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٧دا بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی ناو شاری هەولێر کە بەرپرسەکەی سەعدی خەلیل بووە. ساڵی ١٩٧٨ کاتێك مەلا بەختیارو چەند کادیرێکی پێشکەوتوی کۆمەڵەی

رەنجدەرانی کوردستان، بۆ بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنەکان، بەنهێنی چوون بۆ هەولێرو لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ڕێکخستنی هەولێر کۆ بونەوە، کۆبونەوەکە لە ماڵی عەزیز خدر باوەکر ئەنجام درا. ئەم کۆبونەوەیە کە لە ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ بەستراوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە کاراکردنی شێوازی کارکردنی ڕێکخراوەیی ناو شاری هەولێر هەبوە. لە لایەن کۆمیتەی هەرێمەکانەوە مەلا بەختیارو شاخەوان عەباس بەشداری کۆبونەوەکە بون و لە لایەن کۆمیتەی ڕێکخستنی ناوشاری هەولێرەوە هەر یەك لە سەعدی خەلیل و عەزیز خدر باوەکر و محەمەد جەواد.

پاش پێکهێنانی کۆمیتەی ڕێکخستنی برایم عەزۆ بە لێپرسراوەتیی حاجی مەمۆ، کرایە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە. دوا بەدوای ئەوەی کە سەعدی خەلیل پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، بەشێکی زۆری ئەرکەکانی ڕێکخستن کەوتە سەر شانی باوەکرو لەو ماوەیەدا ڕێکخستن گەشەیەکی زۆری لە ناو توێژی کرێکاران‌و مامۆستایانی هەولێردا بەخۆیەوە بینی.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو پاش ئەوەی کە بەشداریی لە خولێکی کادیرانی کۆمەڵەدا کرد لە ناوزەنگ، بە پلەی ڕابەری سیاسی گەڕایەوە بۆ ناوچەی خۆشناوەتی و توانی لە سنوری خۆشناوەتی و دۆڵەڕەقەو بناری قەندیل و بناری کۆسرەت وەك کادیرێکی هەڵکەوتوو دەرکەوێ.

لەو قۆناغەدا بەشدار بوو لە هەردوو کۆنفرەنسی یەکەم‌و دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەران لە ساڵانی ١٩٨١ و ١٩٨٢. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٣ی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوەدا یەکەم دەنگی بەدەست هێنا و بەم هۆیەوە لێپرسراوەتیی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوەی گرتە ئەستۆ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی قەڵاسنج و گەرەوان (١٩٨٠) و کۆڕێ (١٩٨١) و ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە (١٩٨٣)، سەرباری ژمارەیەك چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی شەقڵاوە، هیران، سەنگەسەرو دەشتی کۆیە.


لە١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٨٣دا، پاش بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنەکانی ناوچەی خۆشناوەتی، لەگەڵ چەند کادیرێکی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە، بە هۆی تەقینەوەی مینێك لە ژێر ئوتومبیلەکەیاندا، لە گردی خوادای ناوچەی قورە بەرازەی سنوری بیتوێن شەهید بوو.

## عەزیز شەمزینی



ئەفسەرو سیاسەتمەدار. ناوی تەواوی عەزیز عەبدوڵڵا عەبدولقادر. لەدایکبووی ساڵی ١٩١٤ی شاری موسڵ. بە ڕەچەڵەك لە بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە و لقی بنەماڵەکەی بەگەیلانی زادە ناسراوە. بنەماڵەکەی لەبەر ناکۆکیی لەگەڵ تورك، لە سەردەمی ئینگلیز لەرەواندز نیشتەجێ بوو. باوکی، سەید عەبدوڵڵا شەمزینی، کرا بە بەڕێوەبەری ناحیەی باتاس.

لەو خوێندنگەیەی کە باوکی لە باتاس دایمەزراند، دەستی بەخوێندن کردو پاش گواستنەوەی باوکی بۆ شەقڵاوە، ئەویش لەگەڵ خانەوادەکەی چوو بۆ شەقڵاوە، هەر لەوێش خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد. لە هەولێر دەستی بە خوێندنی ناوەندی کردو لەموسڵ تەواوی کرد. ساڵی ١٩٣٤ لە کۆلێجی سوپایی




وەرگیرا و ساڵی ١٩٣٧ بە ئەفسەر دەرچوو.

لەو قۆناغەدا پەیوەندیی بە حزبی هیواوە کرد کە رەفیق حیلمی سەرۆکی بوو. پاش هەڵایسانی بزووتنەوە چەکدارییەکەی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣دا، سەرەك وەزیرانی عیراق نوری سەعید دەسەڵاتی تەواوی دایە وەزیری دەوڵەت ماجد مستەفا بۆ دروستکردنی کۆنتاکت لەگەڵ بزووتنەوەکەدا و چارەسەرکردنی هۆکانی هەڵایسانی. لەم رووەوە هەشت ئەفسەر بۆ یارمەتیدانی ماجد مستەفا بۆ دابین کردنی ئاسایش بۆ ناوچە پشێوەکان راسپێردران لەگەڵ ماجد مستەفا کار بکەن. یەکێ لەو ئەفسەرانە، عەزیز شەمزینی بوو کە لە مێرگەسور دامەزرا و لەو کاتەدا پلەی کاپتنی هەبوو.

ساڵی ١٩٤٥ تۆمەتی ئەوەی خرایە پاڵ کە خەڵکی لە دژی دەوڵەت هانداوە، بۆیە بەر لەوەی بگیرێ، ماوەیەك لەگوندی زینۆی سور لەحاجی ئۆمەران خۆی شاردەوە و پاشان رووی کردە ئێران و لەوێ بەشداریی لە رێ و رەسمی راگەیاندنی کۆماری مەهاباددا کرد. ساڵی ١٩٤٦ یەکێ لەو گەنجانە بوو کە کۆماری مەهاباد ناردنی بۆ باکۆ بۆ خوێندن، ئیتر هەر لەوێ مایەوەو دواتر بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەکادیمیای لینینگراد بەدەست هێناو بابەتی دکتۆراکەی لەسەر بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بوو.

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٧ لە مۆسکۆ لە چوارچێوەی فیستیڤاڵی لاوان و خوێندکارانی جیهان چاوی بە جەلال تاڵەبانی کەوت کە ئەوسا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەر ئەویش بوو کە یەکەم چاوپێکەوتنی لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە مۆسکۆ رێکخست.

تا ساڵی ١٩٥٨ لە یەکێتیی سۆڤیت مایەوەو پاش روخانی رژێمی پاشایەتیی عیراق گەڕایەوەو لە ساڵی ١٩٥٩دا رێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ سوپای عیراق و پلەی کۆلۆنێلی پێ درا. لەو ساڵەدا کتێبەکەی بەش بەش لە ڕوسییەوە کرد بە عەرەبی و لە ڕۆژنامەی «خەبات» بەشێکی لێ بڵاوکردەوە. هەر لەو ساڵەشدا بەشداریی لە کۆنگرەی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان کردو بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و پاشان بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لە کۆنگرەی پێنجی ساڵی ١٩٦٠یش بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

پاش دەستپێکردنی شەڕ لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦١، پەیوەندیی لەگەڵ پارتی پچڕا و دەزگا ئەمنییەکان خستییانە ژێر چاودێرییەوە. ساڵی ١٩٦٢

گیراو تەنها پاش روخانی رژێمی جەنرال عەبدولکەریم قاسم ئازاد کرا.

دوا بە دوای ئەمە، یەکسەر پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە گوندی مالوومەی دۆڵی جافەتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی گیرسایەوە. لە کاتی سەرهەڵدانی قەیران لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسی کرد. لەم سۆنگەیەوە لە لایەن باڵی مەلا مستەفا بارزانییەوە گیرا و دواتر لە ڕێی پێنجوێنەوە برایە سەر سنوری عیراق- ئێران و ئازاد کرا. لەم سۆنگەیەوە لە ورمێ گیرسایەوەو هەوڵی ئەوەی دا کە ڕێی پێ بدرێ بچێ بۆ ئەوروپا، بەڵام رژێمی شا مۆڵەتی نەدا. ساڵی ١٩٧٩ پاش روخانی رژێمی شا، گەڕایەوە بۆ عیراق و لە بەغدا نیشتەجێ بوو.

شەمزینی ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەبوو، بەڵام هیچ کات پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی نەپچڕاوەو هەمیشە یەکێ لە دۆستە نزیکەکانی بووەو ئەوەندەی کە لە توانایدا بووە لە کاتی پێویستدا لە ڕووی ماددییەوە یارمەتیی داوە. هەر بۆ نموونە، ساڵی ١٩٨٠ کاتێك بیستی یەکێتی سەرقاڵی بەگەڕخستنەوەی ئێزگەیە، دینەمۆیەکی کارەبای بە دیاری بۆ رادیۆ نارد. لە سەفەرێکی بۆ بریتانیا، شەمزینی دەقی عەرەبیی کتێبەکەی و بەشە بڵاوکراوەکان و دەستنوسە بڵاونەکراوەکانی پێشکەش بە شازاد سایب کرد تا لە لوبنان یان لەهەر شوێنێکی تر چاپیان بکات. هەر ئەو ساڵە لە ڕێی شازاد سایبەوە، کۆپیی کتێبەکە گەیشتە دەستی نەوشیروان مستەفا کە سەردانی لوبنانی کردبوو. ئەویش پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، دەقەکانی رادەستی فەرید ئەسەسەرد کرد بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی.

کتێبەکە لە میتۆدە زانستییەکەیدا پشت ئەستورە بە ماتریالیزمی مێژوویی، لە سێ بەش پێکدێ. ساڵی ١٩٨٢ بەشی یەکەم و دووەمی لە ناوزەنگ بڵاو کرانەوە. بەڵام کتێبەکە هەمووی بەسەر یەکەوە لە ساڵی ١٩٨٥دا لە بەرگەڵوو لە دۆڵی جافەتی چاپ کرا. چاپی سێیەم و چوارەمی لە ساڵانی ١٩٩٨ و ٢٠٠٦ لە سلێمانی ئەنجام دران.

ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، سەردانی بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی کرد لە سورداش و چەند رۆژێك لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٩٩٠ لە سەروبەندی قەیرانی کوێتدا، دەزگا ئەمنییەکان گێچەڵیان بە بنەماڵەکەی کرد. ئەویش پاش راپەڕینی ١٩٩١، عیراقی بەجێ هێشت، گەڕایەوە بۆ ئێران و لە ورمێ گیرسایەوە. لە ١٤ی ئازاری ١٩٩٩دا لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا لە ورمێ بە کوژراوی دۆزرایەوە.

## پاشکۆ

### وتارێکی تاڵەبانی دەربارەی عەزیز شەمزینی

دیارە ناوی سەید عەزیزی کوڕی سەید عەبدوڵڵا فەندی نەهری (گەیلانی زادە) ناوێکی ناسراو بوو لە ناو خەباتگێڕانی کوردایەتیدا. ئێمە مانان هەر لە سەردەمی لاوێتیمان ناوی سەید عەزیزمان بیستبوو وەك ئەفسەرێك کە بەشداریی راپەڕینی بارزان و موکریانی کردووەو لە حزبی هیواش دەوری هەبوە. وێنەکەشی لە رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا لە مەهاباد لە ناوماندا بڵاو کرابۆوە.

بەڵام سەید عەزیز ئەو سەردەمەی ئێمە مانان چوینە کۆڕی خەباتی سیاسیی رێکوپێکەوە، نێردرابوو بۆ یەکێتیی سۆڤێت بۆ خوێندن. پاشان تێگەیشتین کە لە ڕاستیدا ئەوە دورخستنەوە بوو لە لایەن کۆماری

کوردستانەوە بە ناوی خوێندن و خولی ئەفسەری دیتن (خولی ئەفسەری تانك) چونکە لەو سەردەمەدا سەید عەبدوڵڵا فەندی گەیلانی زادەی باوکی ناوی هاتبوو بۆ سەرکۆماری کوردستان لەجیاتی شەهید قازی محەمەد. ئەمەش باسێکە لێرە جێی نابێتەوە.

پاش روخانی کۆماری کوردستان، خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و چەند ئەفسەرێك دلێرانە خۆیان گەیاندە ئازەربایجانی سۆڤێت و سەریان دانەنواند، نە بۆ شای ئێران نە بۆ حکومەتی عیراق.

هەندێك لە ئەفسەرەکانی تر گەڕانەوە بۆ عیراق. کۆلۆنێل بەکر عەبدولکەریم حەویزی خۆی بەدەستەوە نەدا و ملی دایە دەشت و دەرو شاخەکانی دەوروبەری کۆیە. خوالێخۆشبوو نوری ئەحمەد تەهاش کە لە کۆماری کوردستان روتبەکەی مێجەر بوو، کەوتە داوەوەو تەسلیم بە حکومەتی عیراق کرایەوە.

بەڵام شەهیدان کۆلۆنێل عیززەت عەبدولعەزیز ئامێدی و کۆلۆنێل مستەفا خۆشناو و مێجەر فەیزوڵڵا عەبدولکەریم و مێجەر محەمەد قودسی لەبەر ناهومێدبون لە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییەی کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی هەیانبوو، خۆیان تەسلیم کردەوە. بە لای منەوە، ئەو شەهیدە نەمرانە کە دلێرانەو قارەمانانە لە دادگاکە وەستان، نەدەبوایە خۆیان بەدەستەوە بدەن، هیچ نەبوایە وەك کۆلۆنێل بەکر حەویزی لە شاخەکان خۆیان حەشار دابا و ئەگەر ملی رێگای یەکێتیی سۆڤێتیشیان نەدەگرت، ملی رێگای کێوەکانی کوردستانیان بگرتایە. واتە من پاکانە بۆ خۆبەدەستدانەکەیان لەگەڵ هەموو قارەمانێتی و فیداکاریی جوامێرانەیان، بەڕاست و رەوا نازانم.

جا با بچینە سەر پرسیارەکەو وەرامەکەی بدەمەوە.

لە ساڵی ١٩٥٥ دا لە گەڕانەوەم لە چینەوە، رێگام کەوتە مۆسکۆ. لەوێ هەوڵم دا چەند رۆژێك بمێنمەوەو سۆراغی مەلا مستەفا بارزانیی سەرۆکمان و هەڤاڵان کۆلۆنێل میرحاج ئەحمەد و کۆلۆنێل عەزیز شەمزینی بکەم. چەند هەوڵم دا، هیچم دەست نەکەوت. رۆژێکیان لە شەقامێکی مۆسکۆ پیاسەم دەکرد، مات و بێتاقەت بوم، داماویش بوم بە دەست ئەو شێوە کارکردنەی سۆڤێتەکان کە نەیاندەهێشت نە دەنگمان نە دەستمان بگاتە سەرۆکی خۆمان و هەڤاڵانی سەرکردایەتیمان، لەجیاتی ئەوەی ئەم کارە بکەنە هۆی رێنوێنی کردن و هۆشیارکردنەوەمان لە خەباتەکەمان، تەنانەت وەك ئەوەی خۆیشیان پێیان باش و پەسند بێت.

لە گەڕانەوەم بە هەمان شەقامدا، دوو کەس لە پێش منەوە دەڕۆیشتن و پێکەوە بە عەرەبی قسەیان دەکرد. دەنگێکیان لە لام ئاشنا بوو، چونکە لە رادیۆی مۆسکۆ قسەی دەکردو ئەوساش رادیۆی مۆسکۆ ئەو رادیۆیە بوو کە دەبوایە هەموو شەوێ بە دیارییەوە دانیشم تا دەبڕایەوە.

وا بوو کە ئەو پیاوە مەهدی هاشم نەجەفی بوو، خەباتگێڕی کۆمۆنیستی ناوداری کرێکاری ئابادان و پێشتریش، لە سییەکاندا، ئەندامی یەکەمین دەستەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق.

منیش بە وردی بەدوویان کەوتم و هەر لێیان نزیك دەبومەوە تا ئاوڕێکیان لێ دامەوە. منیش بە عەرەبی رۆژ باشم لێ کردن. ئەوانیش بە ناچاری سڵاویان دایەوە. رووم کردە خوالێخۆشبوو مەهدی کە بە دەنگ تەشخیسم کردبوو، گوتم مامۆستا مەهدی بە ڕاستی بۆ من رێکەوتێکی خۆشە کە توشی جەنابت هاتوم، هەم شەرەفی ناسینتم پێ ببڕێت هەم کارێکیشم پێت هەیە. لە سەرەتادا ویستی نکوڵی لەوە بکات کە ئەو مەهدی هاشم نەجەفییە بەڵام لە ژێر ئیلحاح و ئیسراری من، بەوە رازی بوو کە گوێم لێ بگرێت. منیش خۆم پێ ناساندو وتم من ئەندامی مەکتەبی

سیاسیی پارتیم و عەودالّی سۆراغی سەرۆکەکەی خۆمانم و دەنگوباسم پێیە بۆی، هەم سیاسی و هەم هی منداڵ و خانەوادەی خۆی و بارزانییەکان بەگشتی.

دیار بوو قسەکەم بە لایەوە دەیهێنا لەسەری بڕوا، بۆیە پێشنیاری کرد بچینە چایخانەیەك، بەڵام من بۆ هوتێلەکەم (هوتێلی مترۆپۆل) داوەتم کرد کە لێیەوە نزیك بوین. لەویٚ زۆری لیٚ پاڕامەوە کە یارمەتیم بدات و دەنگم (ئەگەر ناکریٚ دەستم) هەم بە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت هەم بە مەلا مستەفا بارزانی یان هیچ نەبیٚ بە خوالێخۆشبوو میرحاج ئەحمەد یان سەید عەزیز شەمزینی، بگەیەنێت. وا دیار بوو ئەویش دڵی نەرم بوو. پاش پرسیارێکی زۆر، بەڵێنی دا بێتەوە لام و سەرم لیٚ بداتەوە دوای ئەوەی کە پرس بە شوێنی خۆی دەکات.

شەو، تەلەفۆنی بۆ کردم و بەڵێنی دا سبەی، دوای نیوەڕۆ، دێتە لام لە ئۆدەکەی خۆم. بەمە نەختیٚ فەرامۆشیم هات. لە کاتی دیاریکراودا هات و پێی گوتم کە:

١-هەموو ئەوانەی لێیان دەپرسم ساغ و سەلامەتن.

٢-مەلا مستەفا بارزانی لە مۆسکۆیە بەڵام ناتوانم ببینم، بەڵام قسەو راسپاردەکانی پیٚ رادەگەیەنم.

٣-میرحاج ئەحمەد لە ئاسیای ناوەڕاستەو سەید عەزیز شەمزینی لە شاری لینینگرادەو خەریکی خوێندنە.

٤-خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین میرخانیش لە خوێندنگەی حزبییەو دەخوێنێت.

هەلەکەم قۆستەوەو ئەو نامەیەم بۆ مەلا مستەفا بارزانی نارد کە کاك مەسعود بارزانی لە کتێبەکەی بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها دەنگوباسی لەدایکبونی سابیری کوڕیم بۆ نارد کە پاش سەفەری مەلا مستەفا لەدایك ببوو و شێخ ئەحمەد بارزانی ناوی سابیری لیٚ نابوو. هەروەها ئاگادارم کردەوە کە کاك مەسعود کە منداڵ بوو، لە ماڵی باپیری، مەحمود ئاغای زێباری، دەژی و هەواڵی دەربەدەریی بارزانییەکان و شەهیدکردنی کوڕی ئولو بەگ بەدەستی زێبارییەکان و چەندین هەواڵی تریشم بۆ نارد. پاشان، خوا یار بیٚ، لە وتارێکی تایبەتدا باسی ئەوەش دەکەم.

بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستم بوو، ئەوە بوو کە زانیم سەید عەزیز شەمزینی لە شاری لینینگرادەو خەریکی دکتۆرایە لەسەر خەباتی رزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان.

ئەم زانیارییانە یارمەتییان دام کە لە ساڵی ١٩٥٧ دا سۆراغی سەید عەزیز شەمزینی بکەم و ئەمە یەکێك لە داواکانم بێت کە پێشکەش بە سۆڤێتییەکانم کردبوو.

ساڵی ١٩٥٧ بۆ بەشداری کردن لە فیستڤاڵی لاوان و خوێندکارانی دنیا چومە مۆسکۆ. بەڵام ئەوی راستی بێت، زۆرتر نیازم دیداری مەلا مستەفا بارزانی و سەید عەزیز شەمزینی بوو. دیتنەکەی سەید عەزیز زۆر زوو هاتە دی.

تازە گەیشتبوینە مۆسکۆ، بەیانییەکەی لە هۆڵی تەرخانکراو بۆ شاندی عیراق، ئێمەی لاوانی کورد بە جلی کوردییەوە وەستا بوین. دوو ئەفەندی لێمان نزیك بونەوە، یەکێکیان بە کرمانجییەکی زۆر رەوان رۆژباش و چاك و چۆنیی لیٚ کردین. ئێمەش پێیان شاگەشکە بوین. ئەوان وەك کوردی یەکێتیی سۆڤێت خۆیان دایە ناساندن. بەڵام شێخ عەلی بامەڕنی کە یەکێك بوو لە ئەندامانی شاندەکەو کۆمۆنیستە عیراقییەکان هێنابویان، منی جیا کردەوەو گوتی: مام جەلال، موو زەردەکەیان سەید عەزیز شەمزینییەو تەئکیدی کرد کە ئەو لەمەوبەریش ناسیویەتی. منیش سوپاسم کردو لە دوو «کوردەکەی یەکێتیی سۆڤێت» نزیك بومەوە، لێم

پرسین خەڵکی کوێن؟ دووەمیان کە پاشان دەرکەوت خوالێخۆشبوو دکتۆر مورادی رەزماوەرە، گوتی «مەن کوردی شورەویم». دیارە بەمە یەکسەر خۆی ئاشکرا کرد کە کوردی یەکێتیی سۆڤێت نیە چونکە «مەن هەم» و «شورەوی» لەجیاتی سۆڤێت، دەری خست کە دەبێ کوردی ئێران بێت.

ئەوسا من تەشجیع بوم، ئەوەکەی تریانم جیا کردەوەو گوتم «کاکە سەید عەزیز بۆچی خۆتمان لێ دەشاریتەوە؟ من فلانە کەسم و بە دوای تۆدا عەودالم». لەپێشدا حاشای کرد. بۆیە بە ناچاری شێخ عەلیم بانگ کرد، ئەویش یەکسەر گوتی «سەید عەزیز چەوانی؟» و ماچی کرد و باسێکی رابردوی بۆ کرد کە چۆن یەکترییان دیوە، سەید عەزیزیش چاری نەما، سەلماندی بەڵام تکای کرد نەیکەینە هەڵلاو کەسی تر نەزانێت و بەڵێنی پێ داین سەرمان لێ بداتەوە، منیشی جیا کردەوەو گوتی «مەلا مستەفا لە مۆسکۆیە. هەر ئێستا دەچم بۆ لای و خەبەری هاتنی تۆی دەدەمێ». ئومێدیشی پێم دا کە رەنگە ئەمجارە ماوە بدەن بە دیداری مەلا مستەفا بارزانی شاد ببم.

خۆیشی ئیتر هەموو رۆژێك دەهاتەوە لامان، هەندێ جار بە تەنیاو هەندێ جار لەگەڵ دکتۆر موراد. ئەوسا عەزیز شەمزینی سەرگوزشتەی خۆی بە دورو درێژی بۆ گێڕامەوەو بیروڕاو بۆچونەکانی خۆیشی لەسەر هەموو مەسەلەکانی کە بە لامانەوە گرنگ بوون، زۆر بە ڕاشکاوی پێ ڕاگەیاندم، وەك پێویستیی بونی پارتی پێشڕەوی کوردایەتی و داوای لێ کردم بە هەڤاڵان بڵێم سور بن لەسەر رێی خەباتی گەلی خۆمان و دەبێ خۆمان ئەو خەباتە جۆش بدەین و رێکی بخەین و دەبێ پارتە پێشڕەوەکە رێبەریی خەبات بکات. ئەوەشی گوت کە تێزی دکتۆراکەشی لەسەر جوڵانەوەی رزگاریی خەڵکی کوردستانە.

هەروەها پێی گوتم چیتر نابێ کوێرانە هەر چی یەکێتیی سۆڤێت گوتی وەك توتی بیڵێینەوە، بەتایبەتی کە روداوەکانی کۆنگرەی بیستەمی ساڵی **١٩٥٦**ی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت ئەو پەندەی بۆ داداوین. سەبارەت بە هەڵەکانی ستالینیش، زۆر دژی تاکپەرستی و زلکردنی سەرکردەو تیۆریی زەعیم و سەرۆکی رێبەر قسەی کردو بە تێروتەسەلی چووە سەر باس کردنی دەوری جەماوەر لە مێژوداو گرنگیی سەرکردایەتیی بەکۆمەڵو رێبەرایەتیی گشتی نەك تاکڕەوانە. بەمجۆرە، ئەو سەرکردە هۆشیارەم دیوەو بە ناسینی شاد بوم.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (١٩٩٩/٣/١٨).

## عەزیز عەبدوڵڵا حسێن خۆشی*



پێشمەرگەو کادیری رێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گەڕەکی کانیسکانی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٦٤ خراوەتە بەر خوێندنو تا پۆلی دووی ناوەندیی خوێندووە. ساڵی ١٩٧٦ بۆتە پۆلیس و هەمان ساڵ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ رێکخستن ئاگاداری کردەوە کە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بڕیاری دەستگیرکردنی دراوە. لەم سۆنگەیەوە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٣ی شارباژێڕ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

ساڵی ١٩٧٨ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی

هەکاری بۆ هێنانی چەك لە سوریاوە بۆ کوردستانو لـەم ئۆپـەراسـیـۆنـەدا تـوشی نەهامەتییەکی زۆر هـات. سـەرەڕای شکستی ئۆپەراسیۆنەکە، خۆی راگـرتـو بـەردەوام بـوو لـەسـەر هەڵسوڕانی لـە ناو هێـزی پێشـمەرگـەدا. ساڵی ١٩٨٢ بـەشـدار بوو لـە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لـە کوردستانی رۆژهـەڵات بۆ پشتگیری کردنی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو لەم ئۆپەراسیۆنەدا بریندار بوو. ساڵی ١٩٨٣ بەشدار بوو لە شەڕەکانی پشتئاشان و قرناقا لە دەوروبەری شاری قەڵادزێو هەر ئەو ساڵەش کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی زیندان لە تیپی مەڵبەندی یەك.

لـە تـەمـەنی پێشـمـەرگـایـەتـیدا بـەشـداریـی لە ژمارەیەکی دیاری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە، لەوانە چالاکییەکانی سەر جادەی گشتیی سلێمانی- پێنجوێن کە لەیەکێکیاندا بریندار بووەو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لـە ناوچەکانی شارباژێڕ، شارەزوور و قەرەداغ.


لە قۆناغی کۆتایی ژیانیدا، لەو سۆنگەیەوە کە توانیبوی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی گەشە پێ بدات، وەك کادیرێکی بواری رێکخستن، لە ناو هێزی پێشمەرگە ئەرکی رێکخستنی پێ سپێردرا. بەڵام ئەو، جگە لە کارکردن لە ناو هێزی پێشمەرگە، رایەڵەی رێکخستنی لە چەند گوندێکیش دروست کرد، کە بەشێکیان لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی عیراقدا بون.

لـە تشرینی یـەکـەمـی سـاڵـی ١٩٨٥دا خـۆیو سەربازێکی راکردووی شەڕی عیراق- ئێران لەگوندی بانالێی ناوچەی شارباژێڕ بەهۆی خۆفرۆشێکەوە کەوتنە دەست مەفرەزەیەکی سوپای عیراق.

لەم مەینەتییەدا عەزیز پەی بەوە بردبوو کەرزگاری نابێ، بۆیە هەموو هـەوڵو توانای خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە هاوڕێکەی لە مەرگ بپارێزێت. ئەم هەوڵەی سەری گرت و لە ئاکامدا هاوڕێکەی لە مردن رزگاری بوو.

بەدرێژایی ماوەی گیرانی، بە شێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە دراوە، نەك هەر لەبەر ئەوەی کە پێشمەرگە بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە دەفتەرێکی بەرباخەڵی پڕ ناوی نهێنیی پێ گیراوەو رازی نەبوە ناوەکان بۆ ئەشکەنجەدەرەکانی ئاشکرا بکات. بەهۆی خۆڕاگرییەوە، هیچ ئەندامێکی رێکخستن کەناویان لە دەفتەرەکەدا هەبوو، دوای ئەو نەگیرا. ئاستی ئەشکەنجەدانی گەیشتبوە ئەو رادەیەی سەگی راهێنراوی دڕندەی تێ بەردرێ. دوای دوو ساڵ مانەوە لە گرتوخانە، درایە دادگاو لە١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧دا لە زیندانی ئەبوغرێب لەسێدارە درا.

## عەزیز مەحمود عەلی*



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ی شاری سلێمانی. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. لە سەرەتای شەستەکاندا پەیوەندیی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و لە ناو یەکێتیی قوتابیانیش کاری کردووە. لە ساڵانی ١٩٦٢- ١٩٦٤ لەسەر داوای خۆی کرا بە پێشمەرگەی ناوشار. ساڵی ١٩٦٤ لە کاتی لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا پشتگیریی لەباڵی مەکتەبی سیاسی کرد. ساڵی ١٩٦٨ لە بەشی کوردیی کۆلێجی زمان لە زانکۆی بەغدا وەرگیراو

لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستاندا پەیوەندیی پێوە کردو لە بواری ڕێکخستن و سازکردنی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا.

ساڵی ١٩٧٢ خوێندنی زانکۆی تەواو کرد و لە ساڵی دواتردا لە قەزای عەزیزیەی پارێزگای کوت بە مامۆستا دامەزرا. ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵایسانی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە پێنجوێن بە مامۆستا دامەزرا. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و پاشان وەك مامۆستا نێردرایەوە بۆ قەزای عەزیزیە.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و هەر لەو ساڵەدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە ناردی بۆ سوریا بۆ دروست کردنی کۆنتاکت لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتەکانی ئەو سەردەمە. دەرکەوتنی وەك هەڵسوڕاوێکی سیاسیی چالاك و چوونی بۆ سوریا، سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی ڕاکێشا، لەم سۆنگەیەوە خرایە ژێر چاودێرییەوەو بڕیاری قەدەغەکردنی سەفەری بۆ دەرەوەی عیراق بۆ دەرچوو بەبێ ئەوەی پێی بزانێ. ساڵی ١٩٧٧ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە گوشارێکی زۆری خرایە سەر. بۆ خۆدەربازکردن لەو گوشارە، ویستی لە دەروازەی زاخۆوە بچێتە تورکیاو لەوێوە بچێتە سوریا، بەڵام لەوێ دەرکەوت کە ناوی لە لیستی ئەو کەسانە دایە کە سەفەرکردنیان بۆ دەرەوەی عیراق لێ قەدەغە کراوە، بۆیە بەناچاری گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

هەر ئەو ساڵە لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی پەیوەندیی بەبنکەی سەرکردایەتییەوە کرد لە برادۆست و لەوێ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لەیەکەم کۆبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانی لە ناو وڵات لە ماوەی نێوان ٣١ی ئاب و ١٢ی ئەیلولی ١٩٧٧دا، لەسەر لیستی کۆمەڵە بە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرپرسی لقی دووی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا.

لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ لە کاتێکدا بە ئیشوکار دزەی کردبووە ناو سلێمانی، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە گیرا. لەئازاری ١٩٧٩دا کاربەدەستانی ڕژێمی عیراق کەوتنە هەوڵدان بۆ گۆڕینەوەی بەئەفسەرێکی سوپای عیراق بە ناوی جاسم محەمەد مەحمود کە هێزی پێشمەرگە بە دیل گرتبووی و خوشکەزای سەرۆکی کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر بوو. تاڵەبانی لەم ڕووەوە ڕەزامەندیی نیشاندا و لە وەڵامی نامەیەکدا کە لەم بارەیەوە ئاڕاستەی کرابوو، لە ١٨ی ئازاردا پێشنیاری کرد هەردوو دیل لە ڕێی ئاغایەکی پشدەرەوە لە ناوزەنگ بگۆڕدرێنەوە، یاخود حکومەتی عیراق دیلەکەی لای خۆی لە لوبنان یان لە سوریا ڕادەستی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستین بکات و پاشان یەکێتیش ئەفسەرەکە ئازاد دەکات. بەڵام سەوداکە سەری نەگرت و عەزیز مەحمود عەلی لە ٢٥ی ئازاری ١٩٧٩دا لە زیندانی موسڵ لەسێدارە درا و ڕێ بە کەسوکاری نەدرا پرسەی بۆ دابنێن.

تەرمەکەی نەدرایەوە بە کەسوکاری، بەڵکو لە گۆڕستانێکی تەلەعفەر نێژرا. پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس، تەرمەکە لە مەراسیمێکی شکۆداردا لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٣دا هێنرایەوە بۆ کوردستان و لە سلێمانی بە خاك سپێردرا.

## عەلیانی کۆن (شەڕ)

شەڕێکە لە ناو گوندی عەلیانی کۆن لە ناوچەی گەرمیان لە نێوان مەفرەزەیەکی گەمارۆدراوی پێشمەرگەی سەر بەتیپی ٥١ی گەرمیانو هێزێکی

گەورەی سەربازو جاش لە١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٢.

لەو ماوەیەدا هێزەکانی سوپای عیراق سەرگەرمی کێومال کردنی ناوچەکە بون بۆ دۆزینەوەی ئەو پێشمەرگانەی کەچالاکییەکی سەرکەوتویان لە ناو شارۆچکەی قادر کەرەم ئەنجام دابوو، بەشەو بە ئاربیجیو کلاشنکۆف هێرشیان کردبووە سەر بارەگای حزبی بەعسو رەبایەکانی دەوروبەری. هەر خێرا دوا بەدوای چالاکییەکە، هێزە ئەنجامدەرەکەی چالاکییەکە بە شێوەی گروپی بچوك بچوك بڵاوەی لێ کرد چونکە بیر بۆ ئەوە دەچوو کەهێزەکانی سوپا لەتۆڵەی چالاکییەکە، دەکەونە گەڕو هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دەدەن. لەم سەروبەندەدا هێزێکی زۆری سەربازو جاش کەوتە کێومال کردنی چەند گوندێکی ناوچەکە لەوانە دێ رەشە، فەقێ مستەفا، قولیجانی ئەمین قارەمان، قولیجانی سەرحەد، کانی عوبێد و هی تر.


لەم چوارچێوەیەدا شەش پێشمەرگە بە فەرماندەیی عادل شوکر، جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان، لەگوندی عەلیانی کۆن لە لایەن هێزێکی گەورەی سەربازو جاشەوە گەمارۆ دران. بە شێوەیەکی کتوپڕ ٣ هەلیکۆپتەری جەنگیی جۆری غەزالی دەستکردی میسر بەسەر گوندەکەدا سوڕانەوە، پێنج هەلیکۆپتەری بارهەڵگریش سەربازو جاشیان بە چوار دەوری گوندەکەدا داگرت.

پێش دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر گوندەکە، هێزەکانی عیراق داوایان لەدانیشتوانی گوندەکە کرد بچنە دەرێو پاشان داوای خۆبەدەستەوەدانیان لە پێشمەرگەکان کرد. پاش بێ ئومێدبون لەخۆبەدەستەوەدانی پێشمەرگەکان، هەلیکۆپتەرەکان لە سەعات ١١,٣٠ دەستیان بە بۆردومان کردنی گوندەکە کردو دواتریش چەند هێرشێکی یەك لە دوای یەکی سەربازو جاشەکان بۆ سەر گوندەکە دەستی پێکرد کە هەر هەموی بەرپەرچ درانەوەو دوژمن هیچ ئامانجێکی بەدەست نەهێنا. سەعات ١٥,٣٠ هەلیکۆپتەرەکان کەوتنە هەڵگرتنەوەی سەربازو جاشەکان و بەرەو قادر کەرەم و سەنگاو گەڕانەوە.


مەفرەزەکە هیچ زیانێکی نەبوو. ئەم شەڕە دوای هەردوو شەڕی حەمكو ژاڵە، سێیەم شەڕی ناو دێ بوو. هێزی پێشمەرگە خەریك بوو شارەزایی لە شەڕی ناو دێ پەیدا دەکرد. هێزەکانی عیراقیش پاش دوو شەڕەکەی حەمك و ژاڵە، تا پێیان کرابێ هەوڵیان داوە خۆیان لە شەڕ ناودێ لادەن بۆ ئەوەی زیانی زۆریان لێ نەکەوێ. لەو پێشمەرگانەی لەم شەڕەدا بەشدار بون برایم عەزیز، جومعە مەجید، بەکر محەمەد، مەلا عەزیز و هەڵۆی بەرپرسی رێکخستنی چەمچەماڵ.

عەلیانی کۆن: گوندێکی ناوچەی زەنگنەیە، ساڵی ١٩٨٢ ژمارەی ماڵەکانی ٧ ماڵ بوو. بە هۆی شەڕەکەوە، گوندەکە زیانی گەورەی لێ کەوت و ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی فەوتا.

## عەلی بچکۆل



تێکۆشەری دێرین و کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی عەلی محەمەد قادر. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ی گوندی عەسکەر لە ناوچەی ئاغجەلەر. لە بنەماڵەیەکی هەژارە. تافی منداڵی و مێردمنداڵیی بە سەپانی و شوانی و گاوانی بردۆتە سەر. هەر ئەمەش هیچ دەرفەتێکی بۆ خوێندن لە خوێندنگە




بۆ نەڕەخساندوە، بەڵام دواتر خۆی خۆی فێری خوێندەواری کردووە.

سەرەتای هەڵسوڕانی پێشمەرگانەی بۆ ئەیلولی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە، کاتێك لەگەڵ خێڵە یاخیبووەکاندا بەشداریی لەگرتنی دەربەندی بازیاندا کرد لە چوارچێوەی جموجوڵێکدا کە پاشتر شۆڕشی ئەیلولی لێ کەوتەوە. پاش ئەوەی کە یاخیبوونەکە بەرگی شۆڕشی کردە بەرو پارتی دیموکراتی کوردستان رابەرایەتیی کرد، لە چەمی ڕەزان بەردەوام بوو لەسەر پێشمەرگایەتی.

ساڵی ١٩٦٣ بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەمان ساڵ کرا بە فەرماندەی دەستەو ئەرکی کۆکردنەوەی دەغڵودان و خەرمان لۆغەی لەگوندی شێخ بزێنیی سەروو بۆ هێزی رزگاری لە چەمی ڕەزان پێ سپێردرا. دواتر بووە جێگری فەرماندەیی بەتالیۆنی دوی شوان. ساڵی ١٩٦٤ لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەی ناوخۆ لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسی کردو لەگەڵ سەدان پێشمەرگە ئاوارەی ئێران بوو و لە شاری هەمەدان گیرسایەوە. پاش لەتبوونی پارتی، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی مایەوە. لە ساڵی ١٩٦٧دا کرا بە لێپرسراوی کۆمیتەی هەڵمەت لە چەمچەماڵ و هەمان ساڵ کرا بە لێپرسراوی ئیداریی هێزی رزگاری. پاش تێکەڵبوونەوەی هەردوو باڵی پارتی بە ئەندامی لیژنەی ناوچە دانرا.

لەو ماوەیەدا لە کەرکوك لەفەرمانگەی ئاو وەك کرێکار دامەزرا. ساڵی ١٩٧١ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە کردو لەکۆمیتەی ڕێکخستنی کەرکوك چالاکیی نواند. بە هۆی هەڵسوڕانییەوە، دەزگا ئەمنییەکان چاودێرییەکی توندیان کردو گوشارێکی زۆریان خستە سەر، بۆیە خۆی بۆ شارەوانیی چەمچەماڵ گواستەوە. لەوێ لێپرسراوەتیی ڕێکخستنی چەمچەماڵ و سەنگاو و بازیان و قەڵاسێوکەی گرتە ئەستۆ. هەر لەو ماوەیەدا چالاکییەکی زۆری لە ناو یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستاندا نواندو بە هۆی ئەمەوە بە ئەندامی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی لاوانی دیموکرات هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، لەگوندی عەسکەر بنکەیەکی نهێنیی بۆ رایی کردنی کاروباری پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن دانا. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، کەوتە کاسبی و لە هەمان کاتدا رۆڵێکی کارای لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا گێڕا.

ساڵی ١٩٧٤ کۆمەڵە کۆمیتەی ئەستێرەی سوری پێکهێنا و ئەرکی بەڕێوەبردنی بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی جەعفەر عەبدولواحید سپارد. ئەرکی کۆمیتەکە سەرپەرشتی کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە بوو لە هەولێر، کەرکوك، سلێمانی، بەغداو شوێنەکانی ترو ئەندامەکانی لە کاتی پێکهێنانیدا بریتی بوون لە ئەنوەر زۆراب، ئاسۆ شێخ نوری و ئیحسان نەجم محێدین. دواتر عەلی بچکۆل و عومەر سەید عەلیی بۆ زیاد کرا و هەموو ئەمانە بە ئەندامی سەرکردایەتی دانران.

هەر ئەو ساڵە دەزگا ئەمنییەکانی بەعس بە هۆی ئاشکرابوونی هەندێ لەشانە نهێنییەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب لە بەغدا، پەیوەندیی نێوان ئەم بزووتنەوەیەو کۆمەڵەیان بۆ ئاشکرا بوو. لە ئاکامدا هەندێ لە شانە نهێنییەکانی کۆمەڵە ئاشکرا بوون. دوا بەدوای ئەمە، شاڵاوێکی گرتن و راوەدونان لە دژی کۆمەڵە دەستی پێکردو دەیان ئەندامی کۆمەڵەی گرتەوە.

لە مانگی ئەیلولدا عەلی بچکۆل و ئەندامانی تری سەرکردایەتیی کۆمەڵە روویان کردە ئێران بەو مەبەستەی کە لەوێوە خۆیان بگەیەننە باڵیۆزخانەی سوریا لە تاران، بەڵام لەوێ هەموویان دەستگیر کران و پاشان لەسەری ساڵی تازەدا رادەستی عیراق کرانەوە. بەمجۆرە، لە بەغدا لە مانگی تەموزی ١٩٧٦دا لەگەڵ ژمارەیەکی تری ئەندامانی کۆمەڵەدا دادگایی کرا و خۆی و چەند ئەندامێکی تر بە شەش ساڵ زیندانی حوکم دران.

ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتیی حکومەتی عیراق کەوت و ئازاد کرا. بۆ ساڵی دواتر پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لەخڕی ناوزەنگ گیرسایەوە. بە پێی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٧٨ی شێنێ، پلەی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی تا بەستنی کۆنفرەنس وەرگرتەوەو هەروەها کرا بە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٨١ وەك ئەندامی دەزگای رێکخستنی کۆمەڵە کاری کرد. ساڵی ١٩٨٢ کرا بە فەرماندەی هەرێمی دوو. پاش ئەوەی کە هەرێمەکان کران بە تیپ، ماوەیەك فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوك بوو. هەمان ساڵ کرا بە لێپرساوی مەڵبەندی دووی یەکێتی. ئەویش بارەگای لەگوندی سەرگەڵووی دۆڵی جافەتی دانا و تا ساڵی ١٩٨٤ ئەم ئەرکەی بەڕێوە برد.

ساڵی ١٩٨٧ کرا بە ئەندامی دەزگای پێشمەرگایەتی کە بارەگاکەی لە یاخسەمەر بوو. لە کاتی شاڵاوی ئەنفالی ٤دا لە ساڵی ١٩٨٨، بنکەی بەرگریی لە چەمی رەزان و پیرەمەگرون دانا و دواتر کشایەوە سەر سنور.

ساڵی ١٩٩٠ لەسەروبەندی پەرەسەندنی هەندێ کێشەی ناوخۆ لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا، وتارێکی رەخنە ئامێزی لە ڕۆژنامەی «بەرەی کوردستانی» بڵاو کردەوەو دوا بەدوای ئەمە وازی لە یەکێتی هێناو لە ڕێی ئێرانەوە چوو بۆ پاکستان. لەوێ تا ساڵی ١٩٩٩ مایەوەو ژیانێکی ناخۆش و نالەباری بردە سەر. دواتر بە سپۆنسەریی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك پەنابەر لە نیووزلاند وەرگیرا.


ساڵی ٢٠٠٠ گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتی و بۆ ساڵی دواتر بەشداریی لە کۆنگرەی دوودا کرد. لەخولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەندا بەئەندام دانرا و لە کۆنگرەی ٣ی یەکێتی لە ساڵی ٢٠١٠دا بە ئەندام لە ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

سێ کتێبی بیرەوەریی هەیە بە ناونیشانی «کوانوی بەرگری: بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی» (٢٠٠٨)و «هەورازە رێ» (٢٠١٠)، «سەختەرێ: لە چەمی رەزانەوە تا ترۆپک» (٢٠١٨).

بابەتی پەیوەندیدار:

* ئەستێرەی سور (کۆمیتەی سەرکردایەتی).

# عەلی جافەرانی*



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناوی تەواوی عەلی قادر شەریف. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی هۆمەرامانی ناوچەی قەرەداغ. لە بنەماڵەیەکی کەمدەرامەت بوو. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بووە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٨ خولێکی برینپێچیی لە ئێران بینیو نازناوی دکتۆری لەو خولە بەدەست هێنا. لە بەشێکی ژیانی پێشمەرگانەی ئەم قۆناغەی ژیانیدا، پێشمەرگە بووە لە هێزی پاراستنی بارەگای مەلا مستەفا بارزانی.

لە ساڵی ١٩٧٤ ئامادەیی برینپێچیی لە سلێمانی تەواو کردو کاری برینپێچیی لە نەخۆشخانەکانی سلێمانیدا کرد بەڵام لە سۆنگەی کەمدەرامەتیی خێزانەکەیەوە، موچەکەی بەشی هیچی نەدەکرد. لەبارەی نالەباریی گوزەرانییەوە، «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» لە ژمارە ١١دا نوسیویەتی «قورسیی باری ژیان، ناچاری کرد سەرباری شەش سەعات کاری رۆژانەی، ٣ ـ ٤ سەعاتی تریش لە دەرەوەی نەخۆشخانە کار بکات».

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو زۆری نەبرد بووە یەکێ لە هەڵسوڕاوە چاپوکەکانی ڕێکخستن. لە ساڵی ١٩٧٧ دا کاتێك برینپێچ بوو لەبنکەی تەندروستیی گەڕەکی ئاشتیی سلێمانی، لێپرسراوی شانەیەکی سەرەکی بوو لەکەرتی شەهید ئاشتی. ئەم شانەیە کە یەکێ لە شانە کاراکان بوو، چەند کادیرێکی تێدا رێکخرا بوو لەوانە سۆران سیوەیلی، ئاسۆ عەلی، سامی جەمال محەمەد قەرەداغی، حەمە رەوف ئەحمەد کاکی، بورهان مستەفا قەرەداغی، فازل حەمە رەش فەرەج، شەریف سالح ئەمین، وریا حەمە غەریب.


ساڵی ١٩٧٨ بە هۆی هەڵسوڕانی لە ڕێکخستنەکان و نەسرەوتنی، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە خرایە ژێر چاودێریو دواتر دەستگیر کرا و مانگێك زیاتر لەگرتوخانە مایەوە. ئەشکەنجەدان و هەوڵی روخاندنی، بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشت و لە کۆتاییدا دەزگا ئەمنییەکان ناچار بون ئازادی بکەن.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەکەرتی حسێن حاجی حەسەن لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووە پێشمەرگە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەم وەك پێشمەرگە هەم وەك برینپێچ ئەرکەکانی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کردووەو لەبرینپێچدا وەك پزیشکی سنوری هەرێمەکە بە پێشمەرگەو هاووڵاتیانەوە کاری کردووە، سەرباری هەڵسوڕانی وەك لێپرسراوی ڕێکخستنی کەرتەکە.

لە٧ی ئابی ١٩٨٠ دا کەرتی ٤ی جەباری لە باسەرە چەند سەربازێکی عیراقی و ١١ پسپۆری سۆڤێتیی دەستگیر کرد. سەربازەکان گلدرانەوە و پسپۆرەکان رادەستی کەرتەکەی حسێن حاجی حەسەن کران تاکو بیانگەیەنێتە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە گوندی توژەڵە. لە١٠ی ئابدا لە هەوڵێکی هێزەکانی عیراقدا بۆ رزگارکردنی پسپۆرە سۆڤێتییەکان، هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانی سوپای عیراق لە نزیك هەردوو گوندی خاوێو قازانقایەی ناوچەی قەرەداغ هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکانو بە هەلیکۆپتەری بارهەڵگر هێزێکی زۆریان دابەزاند. لەم شەڕەدا کە حەوت سەعاتی خایاند، خۆی و شەش هاوڕێی شەهید بون.

## عەلی چوارتایی*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و فەرماندەی تیپ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی سوتوی ناوچەی بانەی کوردستانی رۆژهەڵات. خێزانەکەی لە ساڵی ١٩٥٨ دا ئێرانی بەجێ هێشتووەو لەگوندی مارەڕەشی ناوچەی چوارتا نیشتەجێ بووە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە هێزی زمناکۆ بووە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لەگوندەکەی خۆی گیرسایەوە. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا لە ساڵی ١٩٧٦، لە شارباژێڕ پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردەوە. لەو ماوەیەدا پێشمەرگەی ئەو هێزە بوو کەسەرکردەکانی عەبدولمەلیک عەلی عوسمان و ستار سەعید خەلەف بون. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا عەبدولمەلیک و ستار سەعید خەلەف بە هۆی ئەوەی کە پلەی بەرزی لێپرسراوەتییان پێ نەدرابوو، بەهێزەکەوە وازیان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا و پەیوەندییان بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد کە تازە دامەزرا بۆوە. لە ساڵی ١٩٧٧ عەبدولمەلیک و ستار بڕیاریاندا واز لە پێشمەرگایەتی بێنن و ئەم نیازەیان گەیاندە کاربەدەستانی حکومەتی عیراقو لەسەر ئەوە لەگەڵیاندا رێککەوتن کە هەلیکۆپتەریان بۆ بنێرن تا خۆیان و پێشمەرگەکانیان بگوازنەوە بۆ سلێمانی. حکومەت هەلیکۆپتەری بۆ ناردن و هەموویانی بۆ سلێمانی گواستەوە.

چوارتایی پشتیوانیی لەم کارە نەکرد. بۆیە خۆی دزییەوە و دواتریش پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو لە سنوری هەرێمی ٣ی شارباژێڕ درێژەی بە ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆی دا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ دا، دوا بەدوای پێکهێنانی هەرێمی ٣ی شارباژێر، لە سنوری هەرێمەکە درێژەی بە هەڵسوڕانی پێشمەرگانەی خۆی دا. ساڵی ١٩٧٩ کرایە فەرماندەی کەرتو لە ساڵی ١٩٨٢ دا پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، کرایە فەرماندەی تیپەکە.

ساڵی ١٩٨٤ لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی فەرماندەی تیپەکاندا، گواسترایەوە بۆ سنوری سلێمانی و کرایە فەرماندەی تیپی ٣٣ی سلێمانی. لە٢٥ی ئایاری ساڵی ١٩٨٥ دا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزێکی گەورەی عیراقدا لە پیری شەوکێل لە سنوری چوارتا، شەهید کرا. ساڵی ٢٠٠٨ لە یادی ٢٣ ساڵەی شەهیدبونیدا، هەر لەو شوێنەی لێی شەهید بوو، رێورەسمێك بە ئامادەبونی لێپرسراوانی حزبیو حکومیو کەسوکاری، بەڕێوە چوو.

بابەتی پەیوەندیدار:

* شارباژێڕ (تیپ).

## عەلی حسێن حەسەن*



پێشمەرگەو کادیری رێکخستن. ناسراو بە شوانەی تەنسیق. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە کەرکوك

تـەواو کـردووە. لە سـەرەتـای ساڵانی حەفتاکاندا، کاتێك خوێندکاری قۆناغی خوێندنی ناوەندی بوو، پەیوەندیی بە لقی کەرکوکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو بووە لێپرسراوی بەشی رۆشنبیری. ساڵی ١٩٧٤ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی لاوانی کوردستان بە ئەندامی سکرتاریەت هەڵبژێردرا و پاشان لێپرسراوەتیی لقی کەرکوکی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٧٤، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کـوردو رژێمی عیراقدا، پەیوەندیی بە شـۆڕشـەوە کـرد. پـاش هــەرەس هێـنـان شـۆڕش، گـەڕایـەوە بۆ کـەرکـوکو درێـژەی بە خوێندن دا. مێژوی پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دیار نیە بەڵام دەشێ ئەم پەیوەندییە بۆ ساڵی ١٩٧٥ بگەڕێتەوە. ساڵی ١٩٧٦ لە بەشی بیناسازیی کۆلیجی ئەندازیاریی زانکۆی سلێمانی وەرگیرا.

سـاڵی ١٩٨٠ هـەر کـە خوێندنی تـەواو کـرد، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. بۆ ساڵی دواتر، کرایە رابەری سیاسیی. هەرێمەکە. ساڵی ١٩٨٢ کـرایـە لێپرسراوی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران لە تیپەکانی ٢١ی کەرکوکو ٢٥ی خـاڵـخـاڵانو لـە هـەمـان کـاتـدا لێپرسراوەتیی سەرجەم هێڵو شانەو رایەڵەکانی رێکخستنەکانی ناو کەرکوکو چەمچەماڵی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٤ دوا بەدوای دەست پێکردنی وتوویژ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو رژێمی عیراق، کرایە نوێنەری یەکێتیی لە لیژنەی هەماهەنگیی نێوان یەکێتیو رژێمی عیراق لە کەرکوك.

پاش ناکامیی وتـوویـژ، گـەڕایـەوە سـەر ئەرکی پێشوی وەك لێپرسراوی رێکخستنەکان.

لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ دوو پێشمەرگەی هاوڕێی بە ناوی جمهور مستەفاو نـەوزاد عـوسمانەوە، لە ناوچەی ئاغجەلەر کەوتنە بۆسەی جاشەکان و هەرسێکیان شەهید بون.

ساڵی ٢٠١٢ ناوەندی مێژوی سەر بە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دوتوێی نامیلکەیەکدا بە ناونیشانی «پێشکەشە بە بەڕێز دایکی رەوا» نۆزدە نامەی لەو نامانە بڵاوکردەوە کە لە ماوەی نێوان حوزەیرانی ١٩٨٢و ئایاری ١٩٨٥ بۆ خێزانەکەی خۆی ناردبوو.


جمهور مستەفا عەلی: لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی تەپەی کەرکوك. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لەوێ تەواو کردووەو پاشان لە کۆلیجی پەروەردەی زانکۆ وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانـی کوردستـانـەوە کـرد. ساڵی ١٩٨١ بـوە پێشمەرگە لە هەرێمی ٢ی کەرکوك. ساڵی ١٩٨٦ کرایە رابەری سیاسی لە سنوری تیپی ٢٥ی خاڵخالان.

نــەوزاد عـوسـمـان عـەبـدوڵـڵا: نـاسـراو بـە چیا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گەڕەکی ئیمام قاسمی کەرکوك. قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی پیشەسازیی لە کەرکوك تەواو کردووە. هەر چوار زمانی کوردیو عەرەبیو تورکمانیو فارسیی باش زانیوە. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ کـەرکـوك. لـە سـاڵی ١٩٧٩دا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ماوەی نێوان ١٩٨٠ - ١٩٨٢ دا بەشدار بوو لەچالاکییە شۆڕشگێرییەکانی ناو شاری کەرکوك.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کـردو لـە تیپی ٢١ی کـەرکـوك بـووە پێشمەرگە.

## عەلی حەویز



کادیری پێشکەوتوو و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستو یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٦ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە کۆیەو خوێندنی خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە.

لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. لە سەردەمی پاشایەتیدا بەشداریی لە خۆپیشاندانو شێوەکانی تری خەباتی ئاشتییانەدا کردووەو زۆربەی بۆنە گشتییەکانی بۆ گەیاندنی پەیامی جەماوەری ڕەنجدەرو زەحمەتکێش قۆستۆتەوە. لەو قۆناغەدا لە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کاری کردووەو چەندین شانەی ڕێکخستنی بەڕێوە بردووە. لە کاتی خوێندنی لە خانەی مامۆستایان، بەشدار بووە لە دەرکردنی بڵاوکراوەی «دەنگی قوتابیان».

لەم قۆناغەی ژیانیدا بیرو بۆچونەکانی زۆرتر بەلای بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازیدا دایانشکاندووە، ئەمەش هانی داوە پشتگیریی جوتیارە هەژارەکان بکا و دژی دەرەبەگایەتی‌و ڕەفتاری ئاغاکان بوەستێتەوە، بە ڕادەیەك کە کاتێك لە ساڵی ١٩٦١دا لەگوندی زیارەتی خۆشناوەتی بە مامۆستا دامەزراوە، ئاغاکان گەلەکۆمەکێ‌و هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردو ناچاریان کردوە خۆی بۆ گوندی برایم باولی سنوری ناحیەی قەراج بگوازێتەوە.

ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لێپرسراوەتیی ڕێکخستنی ناوچەی گەڵاڵەی پێ سپێردرا. لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانو لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٩دا کە قۆناغی ئاگربڕو ئاشتی بووە، گەڕایەوە سەر پیشەی مامۆستایەتی‌و بۆ ماوەی دوو ساڵ کرایە بەڕێوەبەری خوێندنگە. لە ساڵی ١٩٦٨ لە ڕێکخستنی حزبدا وەك کارگێڕی ناوچەی کۆیەو بەرپرسی ڕێکخستنی مامۆستایان چالاکیی نواند.

لە ساڵانی ١٩٧٠و ١٩٧١دا بەشدار بوو لە هەوڵەکانی یەکخستنەوەی دوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. پاش یەکخستنەوەی دوو باڵەکە، لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە بەشی ڕێکخستنی مامۆستایاندا کاری کرد.

کاتێك لە ساڵی ١٩٧٤دا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە و بۆتە پێشمەرگە، پلەی لە ڕێکخستندا کارگێڕی ناوچە بووەو دواتر کراوەتە بەرپرسی ناوچەو دواتریش کراوەتە ئەندامی لق. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ کۆیەو هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو وەك کادیری بواری ڕێکخستن کەوتە گەڕ.

ساڵی ١٩٧٩ لە سۆنگەی فشاری دەزگا ئەمنییەکانەوە کۆیەی بەجێ هێشتو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لەو قۆناغەدا، بە پشتیوانیی تاڵەبانی، بەشدار بوو لە هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کە ماوەیەکی کەم بوو زۆربەی سەرکردەو کادیرەکانی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا ببونەوە. لەم سەروبەندەدا بووە ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیست

و دواتریش بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٨٢ پشتگیریی پڕۆژەی یەکخستنی باڵی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆشیالیستو پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی کرد و لەم یەکخستنەدا بووە ئەندامی سەکردایەتیی ڕێکخراوە تازەکە. لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لە ئابی ١٩٨٣ لەگوندی خەتێی خۆشناوەتی بەسترا، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٨٨ بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا. ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو ساڵی ١٩٩٣ کرایە جێگری لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان. ساڵی ١٩٩٤ چووە هەندەرانو لە سوید گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩٩ گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە جێگری بەڕێوەبەری دەزگای شەهیدان. ساڵی ٢٠٠٠ خانەنشین کرا. لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٩ لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا کە تێیدا بڕیار لەسەر دەستنیشان کردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند درا، بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانرا.

## عەلی سالح سێگرتکانی*



فەرماندە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٩ی گوندی سێگرتکانی ناوچەی تەقتەق. لەخێزانێکی جوتیاری هەژار لەدایك بووەو بە ڕیشە دەچێتەوە سەر خێڵی دەربەندیە. هەژاریی خێزانەکەی دەرفەتێکی وای بۆ پێك نەهێنا کە بخرێتە بەر خوێندن بەڵام هەست کردنی بە ئێشو ئازاری چینە هەرە هەژارەکان هۆشیارییەکی چینایەتیی رسکاوی بۆ دابین کرد.


سەرەڕای ژیانی پڕ لە مەینەتیو کولەمەرگیی، باوەڕی وابو پێشمەرگایەتیو خەبات لە دژی داگیرکەران ئەرکێکی نیشتمانییەو لەم سۆنگەیەوە لە ساڵی ١٩٧٤دا کاتێك شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا دەستی پێ کردەوە، بەشداریی لە شۆڕشدا کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێرو دواتر لەگوندی کانی سلێمانە دایك و خێزانەکەی بە جوتیاری بەخێو کرد. هەر ئەو ساڵە لە کارگەی جگەرەی هەولێر بەکرێکار دامەزرا. لەو کارگەیە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو بەم هۆیەوە دەرفەتێکی زۆری بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی چینایەتیی بۆ رەخسا.

ساڵی ١٩٧٧ پاش ئاشکرابونی بەشێکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەو کارگەیە، لە دەشتی کۆیە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی چەندین شەڕو نەبەردی ناوچەکانی دەشتی کۆیەو ساڵەییو شوانو قەرەداغ کردووە. هاوینی ساڵی ١٩٧٨ کاتێك لە دۆڵی جافەتی بوو، نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنیو لەم سۆنگەیەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی سلێمانیدا، گەیەنرایە ناو سلێمانی بۆ چارەسەر. پاش تەواو کردنی چارەسەر، گەڕایەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە. لەو ماوەیەی کە لە دەشتی کۆیە بوو، کرایە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، پاشان بەهەمان پلە گوێزرایەوە بۆ هەرێمی ٢ی کەرکوك و پاش ماوەیەك لەوێ بووە جێگری فەرماندەی هەرێم.

لە ٢١ی ئازاری ساڵی ١٩٨٢دا لەگوندی مۆردخواردەی بناری چیای خاڵخالان، مەفرەزەکەی لە لایەن جاشەوە گەمارۆ درا. پاش شەڕێك کە زیاد لە چوار سەعاتی خایاندو پێنج پێشمەرگەی هاوسەنگەری تێدا شەهید بوو، خۆیشی تێیدا بریندار بوو، بۆ ئەوەی بە بریندار بە دیل نەگیرێ، بە دەستی خۆی دوا فیشەکی بە خۆیەوە نا و خۆی شەهید کرد.

لە شەڕەکەدا شەش پێشمەرگە بریندار بون یەکێکیان کاوەی کوڕی بوو. دوو پێشمەرگە بە برینداری بە دیل گیران و هەر ئەو ساڵەش بە لێبوردنی گشتی ئازاد کران.

## عەلی شامار



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی عەلی شامار ئەمین کەریم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی شاری مەندەلی. لە سەرەتای پەنجاکاندا بە هۆی بڵاوبونەوەی پەتایەکی کوشندەوە، خێزانەکەی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارەکە، روی لە خانەقین کردووەو تێیدا نیشتەجێ بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە خانەقین تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧١ لە خانەقین پەیوەندیی بەڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لەگەڵ هەر یەك لە فازل کەریم ئەحمەد، سەلام عەبدولڕەزاق، خەلیل برایم، محەمەد کەریم، جەمال وەفیق، رەشید محەمەد قادرو برایم حسێن عەبدوڵڵا لە ئەڵقەیەکی رۆشنبیری بۆ پەروەردەی ئایدیۆلۆژی رێك خراوە، ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەر یەك لە فازل کەریم ئەحمەد، سەلام عەبدولڕەزاق، مەلا بەختیارو عیماد ئەحمەد بەشدار بووە لە پێکهێنانی کۆمیتەیەکی رێکخستن لە خانەقین بە ناوی کۆمیتەی باوەڕەوە.

ساڵی ١٩٧٥ لە سەروبەندی هەرەس هێنانی شۆڕشدا، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دەستی بەکۆکردنەوەی چەکە فڕێدراوەکانی پێشمەرگە کردو هەموی لە ئەشکەوتی جنۆکانی نزیك گوندی مەحمود قەجەر هەڵگرت. ئەم دەستپێشخەرییە بۆ کۆکردنەوەی چەکە فڕێدراوەکان و هەڵگرتنیان لە شوێنێکی گونجاو، بەڵگەی ورە بەرزی و دڵنیابونی بووە لەوەی کە خەبات بەردەوام دەبێ و شۆڕش هەڵدەگیرسێتەوە. لەو ماوەیەدا بە ئیشوکاری رێکخستن رەوانەی بەغدا کرا و لەوێ پەیوەندیی بە فەرهاد شاکەلییەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٦ لە رەوتی خۆئامادەکردندا بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، ئامادەیی دەربڕی کە ببێتە پێشمەرگەو لە درێژەپێدانی خەبات و شۆڕشدا بەشدار بێ. لە کۆتایی ئەیلولدا، پەیوەندیی بە عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیمەوە کرد کە سەرپەرشتیی بەشێکی رێکخستنەکانی سنوری پشدەرو بیتوێنی دەکرد. لە رێی ئەوەوە، گەیشتە قەندیل و بوو بە پێشمەرگە. پاش کەمتر لە دوو مانگ، بەشدارییەکی کارای لە یەکێك لە گەورەترین شەڕەکانی ناوچەی باڵەکایەتی کرد، ئەویش شەڕی گەرەوانە لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦. لەو شەڕەدا هێزەکانی عیراق ٤٥ سەربازیان لە دەستداو ١٢ سەربازیان لێ بە دیل گیرا، ١٢٧ چەکیش دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە بوو. ساڵی ١٩٧٩ کرایە فەرماندەی کەرتی زیندان لە خڕی ناوزەنگ. ساڵی ١٩٨١ بەشدار بوو لە یەکەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەی رەنجدەران لە دۆڵی مالیمۆس لە

نزیك گوندی کانی زەردی ناوچەی سەردەشت.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووەو بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە، لەوانە شەڕی گردە بێناس لە ناوچەی قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٨٣ و شەڕی سەید خەلیل لە گەرمیان لە ساڵی ١٩٨٤ کە تێیدا گوللەی قەناس بەری کەوت. ئەم گوللەیە لە نێوان مل و دەفەی شانی مایەوە، زۆر کێشەی تەندروستیی بۆ دروست کردو وای کرد ماوەیەکی زۆر هیچ لێپرسراوەتییەك لە ناو هێزی پێشمەرگە وەرنەگرێ.

ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ وەسفیە بەنی وەیس خێزانی پێکهێنا. ساڵی ١٩٨٨ لە سەروبەندی شاڵاوەکانی ئەنفال و زیادبونی ژمارەی ئاوارە لە ئێران، ڕێکخستنی کاروباری ئاوارەکانی گرتە ئەستۆ.


ساڵی ١٩٩١ بەپێی نەخشەی ڕاپەڕین، لە سنوری گەرمیان فەرماندەیی قوڵی خانەقینی پێ سپێردرا. لەوێ هەموو ئەرکەکانی جێبەجێ کرد. هەر لەو ساڵەدا بە هۆی کێشەیەکەوە وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە کرد. لە ناو ئەم حزبەدا لێپرسراوەتیی مەکتەبی عەسکەریی پێ سپێردرا و بەڵێنی پێ درا کە بکرێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. بەڵام زۆری نەبرد وازی لەو حزبە هێناو گەڕایەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتی.

ساڵی ١٩٩٢ کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك. ساڵی ١٩٩٤ کرایە قایمقامی خانەقین لە قەزای مەیدان و ساڵی ١٩٩٩ کرایە قایمقامی ناوەندی کەرکوك لە دەربەندیخان. لە٢٩ی کانونی یەکەمی ٢٠٠١ دا، لەگەڵ ٤٥ پێشمەرگەی دانەبڕاو، لە لایەن تاڵەبانییەوە خەڵات کرا. ساڵی ٢٠٠٢ بووە قایمقامی کەلار، هاوکات ئەرکەکانی قایمقامی مەندەلیشی بەڕێوە دەبرد. ساڵی ٢٠٠٣ لە سەروبەندی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق، بەشدارییەکی کارای لە شاڵاوی سڕینەوەی ئاسەواری بەعەرەب کردندا کرد لە ٧٦ گوندی سنوری مەندەلیدا.

ساڵی ٢٠٠٥ کرایە قایمقامی دەربەندیخان. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٠ دا نوێنەری تاڵەبانی بوو لە مەڵبەندی ٨ی ڕێکخستنی خانەقین. ساڵی ٢٠١٤ خەڵاتی زێڕینی بلەی وەك پێشمەرگەیەکی نمونەیی پێ درا.

لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا نەخۆشی و ئاسەواری برینداریيەکی ساڵی ١٩٨٤ تینیان بۆ هێنا و بۆ ماوەیەکی دورو درێژ خستییانە دۆخێکی شپرزەوە.

## عەلی شیعە*



فەرماندەو پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. ناوی تەواوی عەلی ئەحمەد مەحمود.

لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٥ی گوندی بێساران لە پارێزگای کوردستان لە ئێران. خێزانەکەی لادێی بەجێ هێشتووەو لە شاری سنە نیشتەجێ بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، باوکی کۆچی دوایی کردووەو ئەم ڕوداوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گوزەرانی خێزانەکە بەجێ هێشتووە، بۆیە عەلی لە منداڵییەوە بۆ دەرهێنانی بژێوی خۆیو خێزانەکەی ناچار بووە کار بکا.

ساڵی ١٩٥٢ ڕوی کردۆتە کوردستانی عیراقو لە هەورامان نیشتەجێ بووە. ساڵی ١٩٦١

لەگەڵ سەرهەڵدانی ململانێی چەکدار لە نێوان کوردو حکومەتی جەنرال عەبدولکەریم قاسمدا، بۆتە پێشمەرگەو بەشدار بووە لەگردبونەوەی خێڵە چەکدارەکان لە دەربەندیخان.

لە ساڵانی دواتردا بەشدار بوو لە رزگارکردنی هەردوو شارۆچکەی پێنجوێن و چوارتا. ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ سەرهەڵدانی دوبەرەکی لە ناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، وای بینی کەبیروباوەڕە پێشکەوتنخوازەکانی زۆرتر لەگەڵ بۆچونەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیدا دەگونجێن. بۆیە پشتگیریی ئەو باڵەی کرد. ساڵی ١٩٦٨ کرایە سەرلقی هێزی پێشمەرگە لە دوجەیلە. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، هێزەکەی بۆ هەڵەبجە گواستەوەو لەوێ گیرسایەوە.

لە ساڵی ١٩٧٣دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی پاشتر، دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بەشداریی لە شەڕەکانی ناوچەی هەڵەبجەدا کرد.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ خورماڵ و دەستی بە کرێکاری کرد. لەم قۆناغەی ژیانیدا هۆشیاریی نەتەوەییو چینایەتیی تا ئاستێکی بەرز نەشونمای کردبوو، بۆیە هەڵسوڕانێکی چڕی لە بواری ڕێکخستندا دەست پێکرد. لە قۆناغی فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ناوچەکانی هەورامانو شارەزور، پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ شاسوار جەلال دامەزراند. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ دەستبەکاربونی دەستە چەکدارەکاندا، لەگەڵ هەر یەك لە شەوکەت حاجی موشیر و مەحمود عەبدولڕەحمان و حامد حاجی غالیو محەمەد حاجی مەحمودو تۆفیق رەحیم و حەمە سەعید حەمە ئەمینو رۆستەم حەبیب گوڵەخانەیی، پێکەوە جموجوڵی پارتیزانانەیان لە هەورامان و شارەزور دەست پێکردو کەوتنە جاڕدانی شۆڕشی نوێ.

بۆ دروست کردنی فشار لەسەری، دەزگا ئەمنییەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی لە خورماڵ و هاوسەرەکەی و منداڵەکانیان راپێچی زیندانی سلێمانی کرد بەڵام پاش ١٥ رۆژ ئازادیان کردن. لە تشرینی دووەمدا لەگەڵ دەیان خێزانی پێشمەرگەدا دەستگیر کرانەوەو ئەمجارە بۆ شاری ناسریەی باشوری عیراق دور خرانەوە. ئەمجارە پاش نزیکەی ١٥ مانگ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کران.

عەلی شیعە لە سنوری هەرێمی یەکی هەورامان پێشمەرگایەتیی کردووەو لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی عیراقەوە هەوڵی پاکتاوکردنی دراوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا لە لایەن نۆکەرێکی دەزگا ئەمنییەکانەوە ژەهر خواردوو کرا. هەوڵەکە بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی چەند مانگێك بینایی چاوی لە دەست بدا، بەڵام لە کۆتاییدا بەرگەی گرت.

ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا کرد کە تێیدا وا دانرابوو بڕێکی زۆری چەك لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە لەسەر سنوری عیراق- تورکیا. لەم ئۆپەراسیۆنەدا گەلەکۆمەکێی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستانو خێڵەکانی هەکاری لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رەوشەکەی زۆر ئاڵۆز کردو بووە مایەی شکست هێنانی ئۆپەراسیۆنەکە. لە ١٩ی حوزەیراندا پاش کەوتنە بۆسەو شەڕێکی سەخت لەگەڵ خێڵەکان، لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرس بە دیل گیرا لەوانە حامد حاجی غالی، مەحمود

عەبدولڕەحمان عەبدولقادرو ئازاد هەورامی. لە دواییدا هەموویان رادەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کران. لە شوباتی ١٩٧٩دا دیلەکان گوێزرانەوە بۆ گوندێکی نزیك شاری شنۆ لە ئێران. لە دەرفەتێکی گونجاودا هەر یەك لە ئازاد هەورامی و مەحمود عەبدولرەحمان عەبدولقادر توانییان راکەن و خۆیان بگەیەننە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ. عەلی شیعە و حامد حاجی غالی تا ئازاری ١٩٧٩ هەر بە دیلی مانەوە.


لە٢٠ ی ئازاردا لە شەڕێکدا لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دزلی لە ئێران، سێ چەکداری هێزەکەی پارتی بە دیل گیران. دواتر بە هەوڵو تەقەللای دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران عەلی شیعەو حامد حاجی غالی بە سێ دیلەکەی پارتی گۆڕدرانەوە.

هەر ئەو ساڵە، لە چوارچێوەی سیاسەتی پشتگیری کردنی تێکۆشانی هێزە کوردستانییەکاندا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێی رێککەوتنێك لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا، چەند کادیرێکی شارەزای لە بواری شەڕی پارتیزانیو تاکتیکەکانی شەڕی پێشمەرگانە، نارده ناوچەکانی بانەو سەقزو سنە. عەلی شیعە یەکێ لەو کادیرانە بوو. لەو ماوەیەدا ئەرکەکانی بەوپەڕی لێبوردەییەوە جێبەجێ کرد. لە یەکی ئایاری ١٩٨٠دا لە شەڕێکدا لە سنە شەهید کرا و دواتر لە ڕێو رەسمێکی پڕ شکۆدا لە دامێنی چیای ئاویەر لە باشوری رۆژئاوای شاری سنە بە خاك سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* هەکاری (ئۆپەراسیۆن).

## عەلی عەبدولڕەحمان سەعید*



جێگری فەرمانده‌ی تیپی مەڵبەندی دوو. ناسراو بە عەلی بەگ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی گێچینەی ناوچەی سورداش. خوێندنی سەرەتایی لەگوندەکەی خۆی تەواو کردووەو پاشان چۆتە سلێمانیو لەوێ تا پۆلی دووەمی ناوەندیی خوێندووە. ساڵی ١٩٦٧ لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧١ لە هێزی رزگاری بوەتە پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، رۆڵی خۆی لە پێشمەرگایەتیدا جێبەجێ کردو لە سۆنگەی ئازایەتیو لێوەشاوەییەوە کرایە سەرپەلو بەشداریی چەندان شەڕو نەبەردی گەورەی کرد. جارێکیش بە سەختی بریندار بوو. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانیو بە فەرمانبەر لە زانکۆی سلێمانی دامەزرا.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٤ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کردووە لەوانە شەڕەکانی دابان - هەلاج (١٩٨٥)و قەیوان - ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧) کە لەوەی دواییاندا بە سەختی بریندار بوو و قاچێکیشی شکا.

پلەکانی پێشمەرگایەتیی پلە بە پلە بڕیوەو لە فەرماندەی مەفرەزەوە دەستی پێ کردووە، دواتر کراوەتە فەرماندەی کەرتی ٩ی تیپی مەڵبەندی دوو کە بارەگاکەی لەگوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافەتی بووەو پاشان لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی تیپەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

لە ١٧ی ئابی ١٩٨٧ لە شەڕێکدا لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە سورداش شەهید بوو. پێنجەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.

## عەلی عەسکەری*



فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سکوردستان و ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٧ی گوندی عەسکەر لە ناوچەی ئاغجەلەر. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر گروپی ئایینیی هەقە. مامی، شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە، شێخی تەریقەتی هەقە بوو. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرە. باوکی، شێخ عەبدوڵلا عەسکەری، یەکێ لە لایەنگرانی شێخ مەحمود بوو لە کاتی تێکۆشانیدا بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی کورد.

لە سەرەتای پەنجاکاندا کە خوێندکار بوو لە کەرکوك، پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو دواتر بە هۆی هەڵسوڕان و چالاکییەکانییەوە، بوو بە ئەندامی کۆمیتەی باڵای هەردوو ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان.

دوای روخانی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی رژێمی کۆمار لەعیراق لە ساڵی ١٩٥٨، بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کەرکوکی پارتی. ساڵی ١٩٥٩ لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، بە ئەندامی لیژنەی باڵای چاودێری و پشکنین هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی پێنجەمدا کە ساڵی دواتر لە بەغدا بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

لەم سەروبەندەدا، کاتێك بارزان کەوتە بەر هێرشی خێڵە نەیارەکانی دەوروپشتی، مەکتەبی سیاسی بۆ بادینانی نارد بۆ پێکهێنانی هێزێکی چەکدار بۆ پاراستنی بارزان لە هێرشی خێڵە نەیارەکان و لەم رووەوە هەماهەنگیی لەگەڵ هەر یەك لە شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی کرد. لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١دا، لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی مایەوەو رۆڵێکی کارای لەڕێکخستنی هێزەکاندا گێڕا.

ساڵی ١٩٦٢ گەڕایەوە ناوچەی سلێمانی و بووە فەرماندەی هێزی خەبات کە هەڵسوڕانی پێشمەرگانەی زۆربەی سنوری پارێزگای سلێمانیی دەگرتەوە. لە قەیرانی ساڵی ١٩٦٤ی سەرکردایەتیی پارتیدا، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی مایەوە. پاش هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هەردوو باڵی ناو پارتی و کۆتایی هاتنی شەڕەکانی ماوەت بە قازانجی باڵی بارزانی، لەگەڵ ئەندامەکانی تری مەکتەبی سیاسیدا کشایەوە بۆ ئێران و تا ساڵی ١٩٦٦ لەوێ مایەوە.

پاش گەڕانەوەی لە ئێران، هیچ لێپرسراوێتییەکی پێ نەسپێردرا و وەك دەستبەسەر لە دۆڵە رەقە دانرا. دوای ئەوەی کە هەستی کرد هەڕەشەی لە ناوبردنی لەسەرە، خۆی و چەند ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی گەڕانەوە بۆ شارەکان و پێکەوە کەوتنە رێکخستنەوەی پارتی و بە ڕەزامەندیی حکومەتی

عیراق هێزی چەکداریان پێکهێنا.

ساڵی ١٩٧١ رۆڵێکی کارای لە ئاشتبوونەوەی هەردوو باڵدا گێڕا و لە دوایین کۆنگرەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتیشدا لە بەغدا، رۆڵێکی کاریگەری لە تێکەڵ کردنەوەی هەردوو باڵدا گێڕا. دوا بەدوای ئەمە، بەبێ وەرگرتنی هیچ لێپرسراوەتییەك لە چۆمان دانیشت. ساڵی ١٩٧٤ پاش زیادبوونی فشاری سوپای عیراق لەسەر ناوچەکانی نزیك بارەگای سەرکردایەتیی پارتی لە حاجی ئۆمەران، لێپرسراوەتیی پاراستنی ناوچەکەی پێ سپێردرا و هێزێکی گەورەی خرایە بەر دەست.

لە هەلومەرجی راگەیاندنی پەیمانی جەزائیر لە نێوان عیراق و ئێران لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥، لە کۆبوونەوەی کادیرو فەرماندەکانی پێشمەرگەدا داوای خۆ بەدەستەوە نەدان و بەرگریی کرد، بەڵام گوێی لێ نەگیرا و کۆتایی بە شۆڕش هێنرا.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکانی شۆڕش لە شاری ورمێ کە ئامانجەکەی تاوتوێ کردنی بارودۆخی پاش هەرەسهێنانی شۆڕش بوو. کۆبوونەوەکە ژیانی ئاوارەیی رەتکردەوە و جەختی کردە سەر گەڕانەوە بۆ عیراق و کارکردن بۆ دروستکردنی حزب و دەستپێکردنەوەی چالاکیی سیاسی.

بەڵام هەر کە بۆ عیراق گەڕانەوە، حکومەتی عیراق بڵاوەی پێ کردن و بەسەر شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراقدا دابەشی کردن.

هەر ئەو ساڵە لەگەڵ هەر یەك لە ساڵح یوسفی، خالید سەعید، رەسوڵ مامەند، تاهیر عەلی والی، سەعدی عەزیز، عومەر مستەفا، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی و ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان پێکهێنا و کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. لە ئەیلولدا لە رێی فەرەیدون عەبدولقادرەوە پەیوەندیی لەگەڵ تاڵەبانی دامەزراند کە ئەوسا لە سوریا کاروباری قۆناغی پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی رێکدەخستەوە. لەم بوارەدا رۆڵێکی کارای هەبوو لەکردنی بزووتنەوە بە باڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ١٩٧٦ بەشداریی لە پێکهێنانی دەستە چەکدارەکاندا کرد و خۆیشی چوو بۆ شاخ، لێپرسراوەتیی فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی گرتە ئەستۆو خۆی یەکەم بەلاغی عەسکەریی شۆڕشی نوسی.

ساڵی ١٩٧٧، لە کۆبوونەوەکانی ٣١ی ئاب -- ١٢ی ئەیلول کە لە ناوچەی برادۆست بەستران، بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی. لە مانگی تشرینی دووەمدا و پاش ئەوەی کە حکومەتی عیراق پێشنیاری وتوویژی کرد، کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاری ناردنی دا بۆ بەغدا بۆ وتوویژ لەگەڵ حکومەتدا. لە لۆلانەوە بەهەلیکۆپتەرێکی سوپای عیراق گوێزرایەوە بۆ کەرکوك و لەوێشەوە چوو بۆ بەغدا. لەوێ سێ رۆژ مایەوەو لە وتوویژیدا لەگەڵ سەددام حسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، داوای راگرتنی پرۆژەی راگواستنی گوندەکان و زیندووکردنەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی کرد، بەڵام سەددام داواکانی رەت کردەوەو لە ئاکامدا وتوویژەکە سەری نەگرت.

بەهاری ١٩٧٨ بە هێزێکی گەورەوە لە ناوچەی قەلادزێوە بەرەو برادۆست رۆیی، بۆ دانانی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە برادۆست و وەرگرتنی وەجبەیەکی گەورەی چەك کە نیاز وابوو لە سوریاوە، بەناو خاکی تورکیادا، بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. ئەو هێزە لە ناوچەی هەکاری لە تورکیا تووشی کێشەیەکی زۆر

بوو، لە حوزەیراندا چەکدارە خێڵەکییەکانی ناوچەکە هێزەکەیان لەتوپەت کردو ژمارەیەکی زۆریان لێ بەدیل گرتن، لەوانە عەلی عەسکەری. دیلەکان رادەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کران. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ حسێن بابە شێخ و خالید سەعید لە یەك رۆژدا شوێنبزر کران.

بابەتی پەیوەندیدار:

* بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.
* کارنامەی چارەسەری مەسەلەی کورد.
* هەکاری (ئۆپەراسیۆن).

## عەلی محەمەد ساڵح بورهان



کادیر و پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. ناسراو بە شێخ عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی کەڵکانی سنوری قەزای دوکان. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیو دواناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووەو دواتر لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوەو لە ساڵی ١٩٧٧دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری کشتوکاڵدا بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٦٩ چۆتە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانو ساڵی ١٩٧١ بۆتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیەی یەکێتیی قوتابیان. ساڵی ١٩٧٥ لە ڕێی فەیسەڵ رەشید تاڵەبانییەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو هەر ئەو ساڵە پاش دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەیاننامەی دامەزراندنەکەی لە زانکۆی سلێمانی بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سکرتاریەتی تاڵەبانی کاری کرد. لەو ماوەیەدا ریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی بەجێ هێشت و زۆرتر وەك ئەندامی باڵی هێڵی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی نواند. لە ساڵی ١٩٨٢دا وەك سکرتێری تایبەتی تاڵەبانی کاری کردو هەر ئەو ساڵە لێپرساوەتیی لقی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی پێ سپێردرا.

پاش تێکهەڵکێشبونی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و باڵی هێڵی گشتیو پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢، کرایە بەرپرسی لقی یەکی هەولێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە بارەگاکەی لەوەرتێو دۆڵی بالیسان بوو. لە کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا کەساڵی ١٩٨٤ لە مێرگەپان بەسترا، بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە پلینۆمی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا کەساڵی دواتر لەگوندی هەڵەدنی دۆڵی جافایەتی بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٨٦ کرایە ئەندامی مەڵبەندی ٤ی یەکێتیی نیشتمانیو لە ساڵی ١٩٨٧دا گوێزرایەوە بۆ قەرەداغ، لەوێ کرایە ئەندامی مەڵبەندی یەك. ساڵی پاشتر، دوای شاڵاوی ئەنفالەکان بووە لێپرسراوی مەڵبەندی یەك. لە پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە ساڵی ١٩٨٩ لە ناوزەنگ بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا لە قوڵی شاری سلێمانیدا رۆڵێکی کارای گێڕا. لە کۆتایی هەمان ساڵ چوو بۆ هەندەرانو لە بریتانیا گیرسایەوە. ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ دا لێپرسراوی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە بووە.

# عەلی محەمەد ساڵح قادر



پێشمەرگە. ناسراو بە مام عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٣ی گوندی سوێراوای ناوچەی قەرەداغ. لە خێزانێکی جوتیاری ناوچەکەیەو ساڵی ١٩٤٩، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا، ماڵیان گواستۆتەوە بۆ گوندی عەلیاوا کە دراوسێی گوندی سوێراوایە.

نەخراوەتە بەر خوێندن و بە نەخوێندەواری ژیانی بردۆتە سەر. ساڵی ١٩٥٥ هاوسەرگیریی لەگەڵ ئامینە عەبدولقادری دانیشتوی گوندی کانی خانی ناوچەی سەنگاو کردووەو لەم هاوسەرگیرییە ٦ کوڕو دوو کچیان بووە.

ژینگەی دەوروبەری، هەر لە سەرەتاوە یارمەتیدەر بووە بۆ گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوایەتیی. باپیری، لە لایەنگرانی شێخ مەحمود بووەو لە شەڕی دەربەندی بازیاندا کە تێیدا شێخ مەحمود بە برینداری گیراوە، تا دوا فیشەك شەڕی کردووەو هەر لەو شەڕەشدا شەهید بووەو تەرمەکەشی دەست کەسوکاری نەکەوتووە.

هۆشیاریی چینایەتیشی لە ئاستێکی هەڵکشاودا بوو، بەتایبەتی کە گوندەکەیان شێخەدێ بووەو کێشەکانی موڵکانەو باج پەیوەندییەکی پڕ کێشمەکێشیان لە نێوان جوتیارانو زەویداراندا هێناوەتە ئاراوە. ئەم دوو چەشنە هۆشیارییە لە ساڵی ١٩٦٠ دا فاکتەرێکی سەرەکی بون بۆ پەیوەندی کردنی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە لەو سەردەمەدا نۆڕینی چەپ بەسەر بۆچونەکانیدا زاڵ بوو.


ساڵی ١٩٧٤ بووە بە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی چوارو لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە شەڕەکانی سەرتیزو زۆزك. ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، نەچوە ئێرانو گەڕایەوە بۆ ناو خێزانەکەی لەگوندی عەلیاوا. ساڵی ١٩٧٧، لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا، پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە شانەکەی رێکخستندا ناوی نهێنیی نزاری پێ درا. ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ دە ئەندامی تری شانەکەدا پێکەوە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٣ی شارباژێڕ ژیانی پێشمەرگایەتییان دەست پێکرد. هەر ئەو ساڵە گواسترایەوە بۆ هەرێمی پارێزگاریو لە ناوزەنگ لەکەرتی یەکی پارێزگاری مەکتەبی سیاسی گیرسایەوە. لەو کاتەدا هەر کەسێك دەبوو بە پێشمەرگە، دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس خێزانەکەیان دەگرتو بۆ باشوری عیراق دوریان دەخستەوە. بۆ ئەوەی خێزانەکەی نەگیرێ، ئامۆزایەکی کە ئەندامی رێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە ناو شار، هەر ٩ سەر خێزانەکەی بۆ گوندی شێخ عەباس لە خوار شاری سلێمانی گواستەوە. لەو ماوەیەدا لە لایەن رێکخستنەوە مانگانە هاوکاریی خێزانەکەی کراوە.

ساڵی ١٩٨٣ بۆ تیپی ٥٧ی سەگرمە گواسترایەوە. هەر لەو ساڵەشدا دوو کوڕی بە ناوی عومەرو سەباح لە هەمان تیپ بونە پێشمەرگە.

عەلی محەمەد سالح قادر یەکێ لە بەتەمەنترین پێشمەرگەکانی یەکێتییەو خزمەتی ٩ ساڵ پێشمەرگایەتیی لە ماوەی نێوان ١٩٧٩ - ١٩٨٨ دا هەیە. ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا تەمەنو نەخۆشی تینیان بۆ هێناو ناچاریان کرد واز لەپێشمەرگایەتی بێنێو بگەڕێتەوە بۆ شار. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا هیچ لێپرسراوەتییەکی نەبوە بەڵام هەمیشە وەك کادیرێکی ناو جوتیاران هەڵسوڕاوە و بە


شێوازێکی سادەو دور لە ئاڵۆزی، چەمك و تێڕوانینی شۆڕشی بۆ جوتیاران رون کردۆتەوە. یەك ساڵ پاش وازهێنانی لە پێشمەرگایەتی، لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەوە لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

## عەلی مەلا باس



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانو کادیری عەسکەری. ناسراو بە عەلی ئاغای بوران. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی بورانی دۆڵی باڵەییان. لە بنەماڵەیەکی هەژارو کوردپەروەرە. تا تەمەنی ١٣ ساڵی لە بوران ژیاوە. لە ساڵی ١٩٦٥دا خانەوادەکەی گواستویەتییەوە بۆ گوندی وەڵزێی سەر بە ناحیەی قەسرێ.

ساڵی ١٩٦٩ لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هێزی قەسرێ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. پاش دروست کردنی هێزی کاروخ لەگەلاڵە، بۆ هێزە تازەکە گواسترایەوەو لە ساڵی ١٩٧٢دا بارەگای هێزەکە بۆ بنەکاوە لە بناری چیای هەندرێن، لە نێوان ئاکۆو گەرۆیان، گواسترایەوە. لە ساڵی ١٩٧٤دا هێزەکە کرایە هێزی باڵەكو هەر ئەو ساڵە، دوا بەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بەشداریی لە شەڕێکی سەختدا کرد کە تێیدا پێشمەرگە توانییان رەبایەکانی دارەقەسپو ئەشکەوتی مناران لە هێزەکانی عیراق بسەننەوە. بەهۆی بیروکراسیی شۆڕشەوە، هەندێ کێشەی لەگەڵ سەرکردەکاندا




بۆ دروست بوو کە لە ئەنجامدا خۆیو سەید سەلیمی فەرماندەی لق و چەندین پێشمەرگە لە زیندانی خەلانی حاجی ئۆمەران بەند کران. زۆری نەبرد هێزەکانی عیراق هێرشیان کردو زۆر شوێنیان گرتەوە بە ڕادەیەك کەهەڕەشەی راستەقینە لەسەر بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕش لە حاجی ئۆمەران دروست بوو. ئەمە وای کرد ئیدریس بارزانی خۆی بچێ بۆ زیندان، هەمویان دەربێنێو داوایان لێ بکا بگەڕێنەوە بۆ بەرەی شەڕ.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی بەڵام بە ئەستەمی دەزانی بتوانێ لە سایەی شکست و بەزیندا بژی. لە کانونی دووەمی ١٩٧٦دا لە

دەستپێشخەرییەکی کەم وێنەدا کە دەستی هیچ لایەنێکی سیاسیی تێدا نەبوو، کەوتە کارکردن بۆ کۆکردنەوەی چەك و پێکهێنانی دەستەی چەکدارو دانانی پلان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ناوچەکەدا. لەم رووەوە لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا، لە کۆبونەوەیەکدا کە لە ئاشی هەمزاغای گوندی وەڵزێ ساز کرا، بریاریان دا لە کۆتایی نیساندا دەست بە جموجوڵ بکەن. بەڵام پێش کاتی دیاریکراو، دەزگا ئەمنییەکان ئەوو چەند کەسێکی دیکەیان بۆ باشوری عیراق دورخستەوەو بە هۆی ئەمەوە نەخشەکە پەکی کەوت.

هاوینی ١٩٧٦ هەر ئەوەندە هەواڵی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری پێ گەیشت، ماڵو منداڵەکانی بەجیا ناردەوە بۆ کوردستان، خۆیشی بەدزییەوە لەتاراوگە رایکرد، خۆی گەیاندە گوندی وەڵزێو لە قەندیل پەیوەندیی بە خالید سەعیدو عومەر مستەفاوە کردو وەك فەرماندەی مەفرەزە خولی دووەمی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە. لەو ماوەیەدا بەشداریی لە چەند شەڕێکی گرنگدا کرد لەوانە شەڕەکانی وەڵزێو گابیرێزو شێخ ناسرو دەوروبەری قەسرێ. بە هۆی بەشداریی لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، دەزگا ئەمنییەکان خانەوادەکەیان بۆ ماوەی یەك ساڵ لە دیوانیە زیندانی کردو هەر لەوێش لە زینداندا منداڵێکی بوو کە ناو نرا محەمەد.


لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە زۆربەی شەڕەکانی سنوری هەرێمی ٧ی باڵەك و تیپی ٧٤ی باڵەکدا کردوەو بەرپەرچی شاڵاوی ئەنفالی یەکی دۆڵی جافەتیشی داوەتەوە. قۆناغی پاش ئەنفالەکانی لەسەر سنوری عیراق-ئێران بەسەر بردو لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا لەگوندی شێنێی بناری چیای مامەندەوە دابەزیو بەشدارییەکی کارای لە رزگارکردنی شارەکاندا کردو لە کۆتاییشدا بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا.

لە قۆناغی کۆڕەودا بەشدارییەکی کاریگەری لە شەڕی کۆڕێدا کرد کە تێیدا سنورێك بۆ پێشرەویی هێزەکانی عیراق لە پارێزگای هەولێر دانرا. هەر لەو ماوەیە، دوا بەدوای دەستپێکردنی وتووێژ لە نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراقدا، کرایە فەرماندەی تیپی شێخ ناسرو لە ساڵی ١٩٩٢دا کرایە فەرماندەی سریەی یەکێ لە فەوجە تێکەڵاوکراوەکانی سوپای یەکگرتوی کوردستان. لە ساڵی ١٩٩٣دا بووە فەرماندەی فەوج لە هێزی باڵەك و لە ساڵی ١٩٩٥دا کرایە ئەندامی دەستەی لەشکری باڵەك.

ئەندامی هەردوو کۆنگرەی دووەم و سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو خاوەنی سێ مەدالیای رێزلێنانە. ساڵی ٢٠٠٤ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

لە ١٠ی شوباتی ٢٠١٨ دا لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا، لە شاری رانیە کۆچی دوایی کرد. لە ٢٦ی ئازاردا رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» پاشکۆیەکی تایبەت بە کاروانی خەبات و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەرکرد. لە دوتوێی پاشکۆکەدا ژمارەیەك لە هاورێکانی لەوانە عەبدوڵلا بۆر، قادر عەزیز، مستەفا چاوڕەش، شێرزاد رەنجەڕۆ، زرار جۆلا و نیاز دەرگەڵەیی دەربارەی کاروانی خەبات و ژیانی پێشمەرگایەتیی دواون و تیشکیان خستۆتە سەر لاپەڕە پرشنگدارەکانی ژیانی سیاسی و رۆڵی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد. هەمان ساڵ نوری عەلی کتێبێکی بە ناونیشانی «تەمەنێك بۆ نیشتمان» لەسەر ژیان و تێکۆشانی بڵاوکردەوە.

# عەلی هەژار*



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. ناوی تەواوی عەلی عەبدوڵلا عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٣ی گوندی عەوێنەی باشوری هەولێر. لە خانەوادەیەکی جوتیاری هەژارە. ئەم پێشینە کۆمەڵایەتییە بە درێژایی ژیانی کاریگەریی لەسەر بژاردە سیاسییەکانی هەبووە. لە ساڵانی پەنجاکان پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو لەم سەروبەندەدا زۆر بایەخی بەکێشەی جوتیارانو مەسەلەی زەوی داوەو هەر ئەمەشە هانی داوە لە ساڵی ١٩٥٦ دا ئەندامی لیژنەی پیشەیی جوتیاران بێ.

ساڵی ١٩٥٨ لە خانەی مامۆستایانی هەولێر وەرگیرا و لەو ماوەیەدا هەڵسوڕانێکی زۆری لە ناو خوێندکاراندا نواندو هەر لەو قۆناغەی ژیانیدا لە ناو خوێندکارە دەوڵەمەندەکاندا نازناوی هەژاری بەسەردا بڕا. پاش تەواو کردنی خوێندن لە خانەی مامۆستایان هەولێر، لێپرساوەتیی لیژنەی پیشەیی مامۆستایانی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٧٠ دەستی بە خوێندن کرد لە کۆلیجی یاساو سیاسەتی زانکۆی بەغدا. لە هەندێ قۆناغدا بەشدار بوو لە پرۆسەی وتوویژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عیراقدا.

ساڵی ١٩٧٥، دوا بە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراقو ئێران و یەکلا نەبونەوەی مەسەلەی درێژەدان یان کۆتایی هێنان بە شۆڕش، لەو بڕوایەدا بوو کە هێشتا دەرفەتی درێژەدان بە شۆڕش لەئارا دایە. پاش کۆتایی هێنان بە شۆڕش، پەنای بۆ ئێران بردو ماوەیەك لەوێ گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لەو کۆبونەوەیەی کە بەرپرسان و کادیرەکانی پێشوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ورمێ سازیان کردو تێیدا بڕیاریاندا ژیانی ئاوارەیی ڕەت بکەنەوەو بگەڕێنەوە بۆ وڵات و حزبێکی سیاسی بۆ پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد پێك بێنن.

پاش گەڕانەوەی بۆ عیراق، چۆوە سەر خوێندن و لە ساڵی ١٩٧٦ دا خوێندنی لە کۆلیجی یاساو سیاسەت تەواو کردو سەرقاڵی پیشەی پارێزەرایەتی بوو لە هەولێر. لەو ماوەیەدا لەگەڵ سالح یوسفیو عەلی عەسکەری و ڕەسول مامەند و عومەر مستەفاو کەسانێکی تردا بەشدار بوو لە دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لەم سەروبەندەدا پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد.

پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانو کاروباری ناوخۆی بزوتنەوەی سۆشیالیستی پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا هەژار بەداینەمۆی ڕێکخستنە فراوانەکانی بزوتنەوە دادەنرێ. ساڵی ١٩٧٧ هەموو کاروباری ڕێکخستنی ناوخۆی پێ سپێردرا کە لقەکانی ڕێکخستنی هەولێرو سلێمانیو دهۆك و کەرکوك و بەغدای گرتۆتەوە.

بەفراوانبونی رایەڵەکانی ڕێکخستن، مەترسیی دزەکردنی سیخوڕان و ئاشکرابونی ڕێکخستنەکانیش زیادی کرد. لە٩ی نیسانی ١٩٧٩ دا مەفرەزەیەکی دەزگا ئەمنییەکان هەڵی کوتایە سەر بارەگای دادگای هەولێرو لە ژوری پارێزەران خۆیو کاردۆ گەلالیی دەستگیر کرد. هەردوکیان لە دەزگای لێکۆڵینەوەی کەرکوك بۆ ماوەی ٣ ساڵو ٢ مانگ بێ سەروشوێن

کران. لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٢ دا لە کەرکوك دادگا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ هەردوکیان دەرکردو لە پەراوێزی فەرمانەکەدا دادگا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی راسپارد فەرمانەکە جێبەجێ بکات و تەرمەکانیان بە کەسوکاریان نەدرێنەوە بۆ ئەوەی بە شوێن بزری بمێننەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

## عیراقچێتی (بیروباوەڕ)

بیروباوەڕێکی سیاسییە، پێچەوانەی بیروباوەڕی کوردستانیبونە، لەسەر دوو ئاست، گشتگیر و ئایدیۆلۆژی، خۆی نواندووە.

لەسەر ئاستی گشتگیر، عیراقچێتی وەك بیروباوەڕێکی سیاسی، یەکپارچەیی دەوڵەتی عیراقی بە پیرۆز زانیوەو پشتبەست بە تیۆریی پیرۆزیی سنور، دژی هەموو هەوڵێك بۆ دەستکاری کردنی سنوری سیاسیی عیراق وەستاوەتەوە. بیری عیراقچێتی لە ناو رەوتە سیاسییەکانی عیراق بە ڕوونی رەنگی داوەتەوە. لای رەوتی دیموکرات بەلێبوردەییەکی زۆرەوە جەخت کراوەتە سەر ناسینی عیراقچێتی وەك هەستی خۆ خستنە پاڵ قەوارەی سیاسیی عیراق، رازیبون بەژیان تێیدا وەك نیشتمانێکی هاوبەش بۆ هەموان، سەلماندنی مافەکانی هاووڵاتیبون بۆ هەموو پێکهاتەکان بەبێ جیاوازی و رەتکردنەوەی جیابونەوە لەو دەوڵەتە بەهەر برو بیانوویەك بێ و پێداگرتن لەسەر ئەوەی کەچەند فاکتەرێك ئیتنیکە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتە کۆ دەکەنەوەو تا ئەو ئەندازەیە لێکیان نزیك دەکەنەوە کە بە هەموویان یەك چارەنوسی هاوبەشیان هەبێ. ئەم رەوتە پشتگیریی ئەوە دەکات کە پێکهاتەکان مافی یاسایی یەکسانیان هەبێ و هەروەها نکوڵی لەوە ناکات کەپێکهاتەکان مافی خۆیانە تایبەتمەندییەکانی خۆیان بپارێزن، بەڵام پێی وایە هیچ پێکهاتەیەك مافی ئەوەی نیە هەڕەشە لە یەکپارچەیی دەوڵەت بکات. لەبەرامبەردا، رەوتی راستڕەو وای داناوە کە عیراق «قەوارەیەکی مێژوییە» و دەبێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام دەرگای بەڕووی ئەوەدا دانەخستووە کە هەندێ ماف بۆ گروپە ناعەرەبەکان بسەلمێنرێ. بەڵام باڵی هەرە توندڕەوی راستڕەو پەراوێزێکی تەسکتری بۆ لێبوردەیی هێشتۆتەوەو وای داناوە کە یەکپارچەیی عیراق ئامانجێکی رەهایەو شیاوی هیچ جۆرە گفتوگۆیەك نیە، تەنانەت سەلماندنی ئۆتۆنۆمی و مافە نەتەوەییەکانی گروپە نژادییەکانیشی رەت کردۆتەوەو وای بۆ چووە کە سەلماندنی ئەم جۆرە مافانە یەکپارچەیی دەوڵەت لاواز دەکا. بیرو بۆچونی ئەم باڵە پشت بەپێوانە نژادییەکان دەبەستێ و لەم گۆشە نیگایەوە سەیری مەسەلەکە دەکا کە عەرەب لەعیراق رابەرو بناغەی دەوڵەت پێکدێنن و لەسەر ئەم بنچینەیە وای بۆ دەچێ کە هەوڵی گروپە ناعەرەبەکان بۆ بەدەست هێنانی یەکسانی و مافی نەتەوەیی، لەگەڵ ئامانجەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەبدا ناگونجێ کە کار بۆ هاوشوناس کردنی هەموو ئیتنیکەکان دەکا.

لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی، کەیسەکە زۆرتر بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عیراق و تیۆریی یەکپارچەیی چینی کرێکار دەگرێتەوە. گروپە کۆمۆنیستەکان، پشت بەست بەتیۆریی مارکسیزم، شوناسی نەتەوەییان لە چینی کرێکاران داماڵیوەو وایان داناوە کە پەیامی مێژویی کرێکاران لە جیهاندا رماندنی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆسیالیزمەو لەسەر ئەم بنچینەیە نابێ کرێکاران بە بیانوی رەچەڵەك و نەتەوە پارچە پارچە

بکرێن. بەپێی تیۆریی مارکسیزم کە لە بنەڕەتدا ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕی ئینتەرناسیۆنالیست و بان نەتەوەییە، لەکۆمەڵگای سەرمایەداردا تەنها دوو چین هەیە، یەکێکیان چینی کرێکارانە کە بەشێوەی «پرۆلیتاریا» گوزارشتی لێ دەکرێ و ئەوی دیکە بورژوازییە کە بە دوژمنی مێژویی و چینایەتیی پرۆلیتاریا دەژمێردرێ. کرێکاران کار بۆ بەدی هێنانی ئامانجە مێژوییەکەیان دەکەن، بۆیە سەرقاڵ کردنیان بە کەیسە نەتەوەییەکان سەریان لێ دەشێوێنێ و لە بەدی هێنانی ئامانجە مێژوییەکەیان، کە لەکارخستنی بورژوازییە، دوریان دەخاتەوە، تەگەرە لەبەردەم خەباتیان دروست دەکاو لێ ناگەڕێ دکتاتۆریای پرۆلیتاریا دامەزرێنن کە بە قۆناغێکی پێویستی پەرەسەندنی مێژویی رووەو بنیاتنانی کۆمۆنیزم دادەندرێ.

لە عیراقدا گروپە کۆمۆنیستەکان چینی کرێکارانی عیراقیان بە چینێکی یەکگرتووی نەشیاوی پارچە پارچە کردن زانیوەو دژی دابەش کردنی بوون لەسەر بنەمای نەتەوایەتی. بەپێی تیۆریی یەکپارچەیی چینی کرێکار، پارتی کۆمۆنیستی عیراق خۆی بەنوێنەری کرێکارانی کوردو عەرەبی عیراق داناو دژی ئەوە وەستایەوە کە کرێکارانی کوردستان پارتی کۆمۆنیستی تایبەت بە خۆیان هەبێ بەو بیانووەی کە ئەمە دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی چینی کرێکاری عیراق.

پیادەکردنی ئەم تیۆرییە کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەگەڵ چەپە مارکسیستە کوردەکان بەجێ هێشتوە. تیۆرییەکە تەنانەت لە ناو ریزی چەپە کوردەکانیش گێچەڵی ناوەتەوە. ئەوەش بەڵگەیە کەکۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستان (دواتر کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) پاش دامەزراندنی بە ماوەیەکی کەم توشی ناکۆکیی فیکری بوو چونکە هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارە لە ناو کۆمەڵە نەدرابۆوە کە ئاخۆ کۆمەڵە وەك رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ کار بۆ دامەزراندنی حزبێکی کۆمۆنیست لەکوردستان یان لەسەر ئاستی هەموو عیراق دەکات؟ ململانێی فیکریی نێوان هەردوو رەوتی کوردستانی و عیراقی، بووە هۆی چوونە دەرەوەی کادیرەکانی کەمینە بەبیروباوەڕ عیراقچییەکە لەوانە فازل مەلا مەحمود، فوئاد قەرەداغی و ئەشرەف شەرەف نوروڵڵا تاڵەبانی. بیرو بۆچونی عیراقچێتی تەنانەت پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریش لە ساڵی ١٩٧٦، هەر لە ناو ریزەکانی کۆمەڵە مایەوە، بەڵام نەك بەزەقی. دیارترین خۆگوزارشت کردنی ئەو بیرو بۆچونە، لەنامیلکەی «چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان»ی سالار عەزیز دەبینرێ کە ساڵی ١٩٨٢ لە ناوزەنگ بڵاوکراوەتەوەو ئاماژەی راشکاوانەو رۆشنی بۆ بیروباوەڕی عیراقچێتی تێدایە.

مارکسیستە عیراقییەکان لەو روانگەیەوە تەماشای مەسەلەکەیان کردووە کەئامانجی ستراتیجیی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عیراق دامەزراندنی دەوڵەتێکی سۆسیالیستە لەعیراقدا بە سەرکردایەتیی چینی کرێکاری عیراق و لەم سەروبەندەدا بەرامبەر بە مافەکانی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا لێبوردەییەکی زۆریان نواندووە، تەنانەت ئاماژەیان بەمافی چارەی خۆنوسینی کوردیش کردووە، بەڵام سەلماندنی ئەم مافە لە سنوری داننانی سەرزارەکی نەترازاوەو مەوداکەی ئەوەندە درێژ نەکراوەتەوە کە بەکردەوە مافی جیابونەوە بگرێتەوە، بۆیە زۆرتر بانگەشەیان بۆ ئەوە کردووە کە بەرژەوەندیی کرێکارانی کوردو عەرەب لەوە دایە

که پێکەوە لە سایەی دەوڵەتێکی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕدا بژین و پێکەوە پەیامە مێژووییەکەیان بەجێ بهێنن.

## عیماد تاهیر ساڵح



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە ئازاد چاوشین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی هەولێر. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی پیشەسازیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٠ بە مەبەستی خوێندن چۆتە ئیتالیاو لە کۆلیجی پزیشکی وەرگیراوە، بەڵام لەبەر هەژاری و کەم درامەتی، نەیتوانیوە بەردەوام بێ لەسەر خوێندنو وازی لێ هێناوە، گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و لە ساڵی ١٩٨١دا لە بەشی کارەبای پەیمانگای تەکنیکیی عیمارە وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە کەرتی ڕێکخستنی رەواندز لەگوندی هەروتەی دۆڵی بالیسان وەك کادیر کاری کردووە. لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ناو کۆمەڵەی رەنجدەراندا پشتگیریی باڵی ئاڵای شۆڕشی کردووەو لە ساڵی ١٩٨٧دا بۆتە لێپرساوی سیاسیی هێزی پێشمەرگەی ئاڵای شۆڕش لە دۆڵە کۆگە. ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بووەو لە ئۆردوگای زێوەی ناوچەی مەرگەوەڕ گیرساوەتەوە. ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوەو گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر.


ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ژمارەیەك کادیری دێرینی گروپی ئاڵای شۆڕش پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو کرایە ئەندامی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر.

ساڵی ١٩٩٦ دوا بەدوای روداوەکانی ٣١ی ئاب و دەرچونی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر، بەشدار بووە لە ڕێکخستنەوەی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر لە کۆیەو لەو ماوەیەدا لێپرساوەی کۆمیتەی ئاوارەکانی هەولێر بووە لە ڕانیە. ساڵی ١٩٩٩ کراوەتە کارگێڕی مەڵبەندی ٣ لە کۆیەو هەر ئەو ساڵە لە ڕەوتی کارکردندا بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆتە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆمیسیۆنی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ. ساڵی ٢٠٠٥ لێپرساوەتیی جێگری لێپرساوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێری گرتۆتە ئەستۆ.

## غەدی دیموکراتی (قەیرانی سیاسی)

قەیرانێکی سیاسییە لە نیسانی ١٩٨٧ دا لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی و پارتی کۆمۆنیستی عیراق سەری هەڵداوەو بۆتە هۆی هەڵپەساردنی رێککەوتنی هاوکاریی نێوانیان.

دەستپێکی قەیرانەکە بە لێدوانێکی نەوشیروان مستەفا، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ رۆژنامەی «لومۆند» دەست پێ دەکا کە تێیدا، لە رەوتی باس کردنی ئەگەرەکانی جەنگی عیراق- ئێران و ئایندەی عیراقدا، ئەگەری دابەشبونی عیراقی بەسەر سێ دەوڵەتدا بە دور نەبینی بوو و پشتگیریی ئەو چارەنوسەشی کردبوو. دەربڕینە راشکاوەکانی لێدوانەکە لە پەراوێزی کۆنگرەی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا لە شاری لیل، هەرایەکی زۆریان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نایەوەو ناوەندە سیاسییەکانی ئێران و سوریاو تورکیایان نیگەران کرد. لە ١٦ی نیساندا رۆژنامەی «سەفیر» لە لوبنان بەشێکی لێدوانەکەی لە لومۆندەوە وەرگرت و بڵاوی کردەوە، ئەمەش پانتایی بڵاوبونەوەی ناوەڕۆکی لێدوانەکەی فراوانتر کرد. دوا بەدوای لێدوانەکە، ژمارەیەکی زۆر وتارو وەڵام، بە ناو و بێ ناو و هەندێ جار بە ناوی خوازراو، لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا دژی لێدوانەکە بڵاو کرانەوە. لە ژێر فشاری هێرشی میدیاکان بۆ سەر نەوشیروان مستەفاو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خەسرەو خاڵ لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا، لە ١٨ی نیساندا رونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە، تێیدا وتبوی ئەو لێدوانانەی کە رۆژنامەی «سەفیر» لە رۆژنامەی لومۆندەوە وەری گرتون و خراونەتەوە پاڵ نەوشیروان مستەفا «هەڵەو بیروڕای نامۆیان تێدایە» و گوزارشت لە سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناکەن، هەروەها تێیدا هاتبوو کە پاش پەیوەندی کردن بە نەوشیروان مستەفاوە،



دەرکەوتووە کە ناوبراو «هیچ لێدوانی رۆژنامەوانیی بۆ رۆژنامەی لوموٚند و بۆ هیچ رۆژنامەیەکی تر نەداوە» و ئەوەش کە لەسەر زاری بڵاوکراوەتەوە «شێواندنی ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیانەیە کە لە پەراوێزی کۆنگرەی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا دەربارەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و ئایندەی عیراق و ئەگەرەکان کراون». هەروەها لە رونکردنەوەکەدا هاتبوو کە ئامانجی کورد هێنانە کایەی رژێمێکی دیموکراتە لە عیراقدا کە «کۆتایی بە جەنگی نەگریسی دژی گەلی کوردستان بێنێ و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد دەستەبەر بکات و کۆتایی بە جەنگی عیراق- ئێران بێنێت».

لە ناو هەموو ئەو رۆژنامانەی کە هێرشی توندیان کردە سەر لێدوانەکەی نەوشیروان مستەفا، رۆژنامەیەك بە ناوی «غەدی دیموکراتی» وتارێکی پڕ ناوزڕاندن و جنێودانی بڵاوکردەوە کە عەبدولئەئیممەی ئەنباری نوسیبوی، تێیدا هێرشی توند کرابوە سەر خودی نەوشیروان مستەفاو گاڵتە بە خەباتی کورد بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین کرابوو. رۆژنامەکە کە لە سوریا لە لایەن کۆڕبەندی دیموکراتیی عیراقەوە دەردەچوو، بە رۆژنامەیەکی نزیك لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق دادەنرا و سەرنوسەرەکەی، ساڵح دوگڵە، کادیرێکی دێرینی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو.

وتارەکە جگە لەوەی کە هێرشی توندی کردبووە سەر نەوشیروان مستەفا و لێدوانەکانی، تاڵەبانیشی نەبواردبوو. تاڵەبانی پێی وابوو وتارەکە سێ کەسی لە پشتەوەیە، یەکێکیان ساڵح دوگڵەی سەرنوسەری رۆژنامەکەیە کە رێی داوە وتارەکە بڵاو بکرێتەوە، ئەوی تر عەبدولئەئیممەی ئەنبارییە کە نوسەری وتارەکەیەو سێیەمیش کەسێکە عەبدولئەئیممەی هانداوە وتارەکە بنوسێ و داواشی لە دوگڵە کردووە بڵاوی بکاتەوە. تاڵەبانی لەو کتێبەی کە بۆ وەڵامدانەوەو بەرپەرچدانەوەی وتارەکەی رۆژنامەی «غەدی دیموکراتی» بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی، ناوی کەسی سێیەمی نەهێناوە بەڵام ناوی ناوە «هاندەری پشت پەردە». تاڵەبانی گومانی لە ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو کە رقی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو و دەیویست هەلی گەلەکۆمەکێ میدیاییەکەی دژ بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بقۆزێتەوەو تەنگ بە تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفاو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵچنێ.

عەبدولئەئیممەی ئەنباری لە وتارەکەیدا عیراقچێتییەکی توندڕەوانەو شۆڤێنییانەی نواندووە و وای داناوە کە دابەش کردنی عیراق بۆ سێ دەوڵەتی سوننی و شیعی و کوردی «پرۆژەیەکی کۆنی ئیمپریالیزمی بریتانیایە»، گوایە ئەم پرۆژەیە «ئێستا لە هەندێ ناوەندی رۆژئاوایی تاوتوێ دەکرێ»، بەو مانایەی کە لێدوانەکەی نەوشیروان مستەفا بۆ رۆژنامەی لوموٚند هاوکات بووە لەگەڵ بەگەڕکەوتنی رۆژئاوا بۆ پارچە پارچەکردنی عیراق. وتارەکە تانە لە نەوشیروان مستەفادا دەدا کە «خەو بە دەوڵەتی کوردییەوە دەبینێ» و لەم سەروبەندەدا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بە «خەونی چۆلەکە» دەچوێنێ و خودی خەونەکە بە خەونێکی «کوشندە» دادەنێ. وتارەکە بە فیزو تەوسەوە باسی خەباتی نیشتمانیی شێخ مەحمود بەرزنجی دەکاو لە بەراوردکردنێکدا لە نێوان شێخ مەحمود بەرزنجی و مەلیك فەیسەلی یەکەمدا، وتارەکە پەرۆشی بۆ یەکپارچەیی عیراق دەکاتە پێوانەو وای دەردەبڕێ کە مەلیك فەیسەلی یەکەم لە شێخ مەحمود بەرزنجی «زۆرتر بە تەنگ یەکپارچەیی عیراقەوە بووە»، لە کاتێکدا کە مەلیك فەیسەل هاوکاریی داگیرکەرە بریتانییەکانی کردووەو

شێخ مەحمود رابەرایەتیی خەباتێکی نیشتمانیی لە دژی داگیرکەرە بریتانییەکان کردووەو هەوڵیداوە هاوپەیمانی لەگەڵ شیعەکانی عیراق دروست بکاو نامەشی بۆ رابەری شۆڕشگێڕی روس لینین نوسیوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێککەوتنی هاوکاری و ئاشتبونەوەی لە شوباتی ١٩٨٧دا لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق واژۆ کردبوو. رای فەرمی لە ناو یەکێتیی نیشتمانی وای دەبینی کە رێککەوتنەکە رێ بە هیچ هێرشێکی میدیایی بۆ سەر یەکتری نادا، چ بە شێوەیەکی راستەوخۆ چ بە ناڕاستەوخۆ.

پارتی کۆمۆنیستی عیراق تۆمەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی رەت کردەوە و وای نیشاندا کە سالح دوگڵە پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە نەماوەو پارتی کۆمۆنیست لە هیچ وتارێکی رۆژنامەی «غەدی دیموکراتی» بەرپرسیار نیە، هەروەك نكوڵیی لەوەش كرد كە ئەندامێکی سەرکردایەتیی لە پشت پەردەوە دەستی لە بڵاوکردنەوەی وتارەکەدا هەبێ.

لە ١٩ی حوزەیراندا مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یاداشتێکی دایە پارتی کۆمۆنیستی عیراق، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پاسۆك و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لەو یاداشتە «دەستوپێوەندەکان» ی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی بە دروست کردنی قەیرانەکە تاوانبار کردو نیشانی دا کە سالح دوگڵە رۆژنامەکە «بە پارەو پولی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق» دەردەکات. لە یاداشتەکەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری «هەڵپەساردنی پەیوەندی و رێککەوتنەکەی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق» دا و هۆشداریی دایە پارتی کۆمۆنیست کە «نابێ بەردەوام بێ لەسەر دژایەتی کردنی یەکێتیی نیشتمانی و هاندانی بوختانچی و تێکدەرەکان لە دژی».

قەیرانەکە چەند مانگێکی خایاند. هەردولا بە ناوبژیوانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لەگەڵ یەکتریدا کۆ بونەوەو گەیشتن بە سازانێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. لە ٢٩ی تەموزدا هەردولا راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، تێیدا ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکانیان راگەیاند. بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوە هاوبەشەکە، کۆتایی بە قەیرانەکە هات.

بابەتی پەیوەندیدار:

*رێککەوتننامەی هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق.

*پشتاشان (ئۆپەراسیۆن).

## پاشکۆی ژمارە ١

## یاداشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی هەڵپەساردنی رێککەوتنی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق

بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق

بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق

بۆ مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عیراق

بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)

بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

رۆڵی پێشەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پێناوی بەدی هێنانی ئاشتبونەوەی نیشتمانی و پاشانیش تەتویج کردنی ئاشتبونەوەکە بە بەرەی نیشتمانیی کوردستان و بەرەی نیشتمانیی گشتگیر لە کەس شاراوە نیە. لەم سەروبەندەشدا هەوڵ و کۆششێکی ماندوونەناسانە و لێبڕاوانەمان بۆ بەدی هێنانی ئاشتبونەوە لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق نواند، لەگەڵی رێك کەوتین و ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبێ، کارئاسانیی برایانەی پێویستمان پێشکەش بە ئەندام و لایەنگرەکانی کرد بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە بە خوێنی شەهیدەکانمان رزگار کراون، ئەویش بۆ جۆشدانی تێکۆشانیان دژی تاقمی فاشیستی عەفلەقی و دوو جەنگە نەگریسەکە و بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانیان.

بەڵام بە داخێکی زۆرەوە، تەنانەت پاش واژۆکردنی رێککەوتنەکەش، زانیومانە کە سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و رێکخراوەکانی کە بۆ ناوچە رزگارکراوەکان گەڕاونەتەوە، گیان و کرۆکی رێککەوتنەکە پێشێل دەکەن، پروپاگەندەی دوژمنکارانە لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاو دەکەنەوەو زۆرتر جەخت دەکەنە سەر خاڵە ناکۆکەکان و زەقیان دەکەنەوە کە ئەمەش لەگەڵ ئەو رێککەوتنەدا وێك نایەتەوە کە لە نێوانماندا واژۆ کراوەو بە راشکاوی تێیدا هاتووە کە دەبێ جەخت بکرێتە سەر خاڵەکانی رێککەوتن و کار بکرێ بۆ پەرەپێدانی هاوکاری و هاوخەباتیی تێکۆشەرانە چونکە مەترسیداریی رەوشەکەو پەلاماری دڕندانەی سەددامی فاشیست پێویستی بە هاوکاری و هاوخەباتییە. ئەمە بە رونی بەم واتایە دێت کە سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەتەنگ هاوپەیمانیی نیشتمانییەوە نیە، ئەو هاوپەیمانییە نیشتمانییەی کە مەحاڵە بەبێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێتە دی چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێزێکی بنەڕەتیی کارا و کاریگەرە لە مەیدانی خەباتدا.

بە پێچەوانەی رێزی زۆرمان بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هەوڵی بەردەوامەمان بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی ئەو هاوپەیمانییە، سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق خۆی لە پێداویستییەکانی ئەو هاوپەیمانییە دزیوەتەوە کە ئەمەش ناچاری کردین داوا لە هاوڕێی بەڕێز عەزیز محەمەد بکەین خۆی لە قەرەی مەسەلەکە بدا بۆ ئەوەی رێز لە رێککەوتنەکە بگیرێ و سنورێکیش بۆ پێشێل کردنی دابندرێ و کاری هاوبەش پەرە پێ بدرێ، کەچی بە داخێکی زۆرەوە سەرمان لەوە سوڕ ما کە لە جیاتی ئەوەی خۆ لە قەرەدانەکە ببێتە مایەی راستکردنەوەی هەڵوێستەکان لە ناوەوە دەرەوەی وڵات، رۆژنامەیەکی نزیك لە هاوڕێ عەزیز محەمەد کە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ساڵح دوگڵە دەری دەکات، دەستی بە هێرشێکی پڕ جنێوی ناشیرین و تۆمەت بەخشینەوەو درۆ هەڵبەستن دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد، بە سود وەرگرتن بە چەشنێکی نەگریسانە لەو لێدوانەی کە گوایە برای تێکۆشەر بەڕێز نەوشیروان مستەفا، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە رۆژنامەی «لومۆند»ی داوە، لە کاتێکدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای دوو رۆژ لە بڵاوکردنەوەی لێدوانەکە لە رۆژنامەیەکی لوبنانی، بە درۆی خستبۆوە.

دەرکەوتنی ئەو رق و کۆنەقینەو بەو خێرایی و بێ شەرمییە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامە زەردەکەو لەسەر زاری دەستوپێوەندەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە کاتێك سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە پەیوەندییە نیشتمانییەکاندا ساغڵەم نابێ و بەو ئەندازەیە بوێر نابێ کە راو هەڵوێستەکانی خۆی بە ئاشکرا دەرببڕێ، دەگەڕێتەوە

سەر ئەو یارییەی کە لە لای هەموان ئاشکرایە و کەسیشی پێ هەڵناخەڵەتێ، واتە یاریی هەوڵدان بۆ لێکترازاندنی ریزەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بە تایبەتی و جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی عیراق بەگشتیو داتاشینی رێکخراوی کارتۆنیی پاشکۆ بۆ جنێودان بە هێزە شۆڕشگێڕەکان و بوختان کردن پێیان و هەروەها بۆ بەکارهێنانیان بۆ بیانوو پێ گرتن و شەڕفرۆشتن بەو هێزە شۆڕشگێڕانەی کە سەر بۆ هەڵەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دانانەوێنن. ئەمە ئەو کارەیە کە ئەم سەرکردایەتییە کردویەتی، کاتێك کەوتۆتە دنەدانی تاقمە هەلپەرستە بوودەڵەکەی ساڵح دوگڵە، ئەو تاقمەی کە مەیدانی شەرەف و خەباتی بەجێ هێشتووەو رایکردووە بۆ سوریاو لوبنان، بۆ ئەوەی رق و قینی دڵڕەشانەی خۆی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردو بەسەر مێژوی پڕ تێکۆشانی گەلەکەمان برێژێ و لەم هەنگامەیەدا بوودەڵەییەکەی گەیشتۆتە رادەی ستایش کردنی نەخشە و پلانەکانی ئیمپریالیزمی بریتانیا لە عیراق و تەفزیل کردنی مەلیك فەیسەل بەسەر تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی کورددا. کاتێك داوای شەرمەزارکردنی رۆڵی خۆفرۆشانەو تێکدەرانەی ئەم تاقمە بوودەڵەیەمان کرد، کە بە ژمارە بچوك و بە ئاکار نزم و بە رۆڵ خۆفرۆش و تێکدەرە، سەرەرای پێداگرتنمان و سەرەرای ئەوەی کە مۆڵەتی دوو هەفتەمان دانا، سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق خۆی بێدەنگ کرد، ئەمەش نیشانی دەدا کە هەڵبژاردنی بێدەنگی لە رەوشێکدا کە پێویستی بە دەربڕین هەیە، بەڵگەی رەزامەندییە.

بۆیە لەو روانگەیەوە کە سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەموو سنوری ئاسایی و رێپێدراوی خۆی لە پەیوەندییە نیشتمانییەکاندا تێپەڕاندووەو بەڵگە لەسەر سوکایەتی کردنی بە رێککەوتنی واژۆکراوی نێوانمان هەیە و پاش رونبونەوەی ئەوەی کە ئەو سەرکردایەتییە بە ئاشکرا لاریی لە وتارەکەی رۆژنامە زەردەکەی «غەدی دیموکراتی» نەبوەو ئەو رۆژنامەیەش ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ساڵح دوگڵە بە پارەو پولی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەری دەکات، کە ئەمەش شتێکە هەموان دەیزانن و کارمەندەکانی پێشوی کۆڕبەندی دیموکراتیی عیراقیش پشتڕاستیان کردۆتەوە، لەم سۆنگەیەوە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ناچارییەوە بڕیاری هەڵپەساردنی پەیوەندی و رێککەوتنەکەی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق داوە، چونکە سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق رێککەوتنەکەی خستۆتە ژێر پێکانی دوگڵەو عەبدولئەئیممەو تەواوی هاوڕێ بێباکەکانی ترەوە، ئەویش تا ئەو کاتەی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق راشکاوانە سەرزەنشتی وتارە پڕ درۆو دەلەسەو بوختان و جنێوەکە دەکات و تا ئەو کاتەی بە تەواوی ئەو باوەڕەمان لە لا دەچەسپێ کە سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق رێز لە پابەندبونی خۆی بە کاری نیشتمانی و هاوپەیمانییە نیشتمانییەکان دەگرێ. مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوا لە سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەکات واز لەو داب و نەریتە بێنێ کە بە زیان بۆ شۆڕش و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عیراق و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد شکاوەتەوە، واتە داب و نەریتی نانەوەی دوبەرەکی و دروست کردنی رێکخراوی بچوك بچوك و یاری کردن پێیان و جولاندنیان بەو چەشنەی کە ئارەزوی لێیە. هیچ حزب و رێکخستنێك نەماوە، نە لە عیراق و نە لە کوردستان، بە دەم ئەم داب و نەریتەوە نەناڵێنێ. هەروەها مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان هۆشداری دەداتە سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە نابێ بەردەوام بێ لەسەر دژایەتی کردنی یەکێتیی نیشتمانی و هاندانی بوختانچی و تێکدەرەکان لە دژی. ئەمڕۆ هەموان پەی بەوە دەبەن کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە قەد ئەوەی کە پێویستە، بەهێزو بەتوانایە، نەك هەر بۆ بەربەرەکانێ کردنی هێزە عەفلەقییە فاشیستەکان بە شێوەیەکی قارەمانانەو دلێرانەو شکست پێ هێنانیان و بەدی هێنانی دەستکەوتی مێژویی دانسقە لە رەوتی شۆڕشدا، بەڵکو هەروەها بۆ بەرگری کردن لە بیروباوەڕو هەڵوێست و سیاسەتەکانی خۆیشی. ئەوانەی کە دژایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەن، وەك لەمەوبەر، هەر پوکانەوەو دابڕان لە جەماوەریان بۆ دەمێنێتەوە، بە سزای رەوای خۆیان دەگەن و وەڵامی دەمکوتکەریان دەدرێتەوە.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩ی حوزەیرانی ١٩٨٧

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

سەرچاوە: رۆژنامەی «شەرارە»، ژمارە٦، ساڵی دوانزەهەم، حوزەیرانی ١٩٨٧.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## راگەیەندراوێك دەربارەی ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق

رۆژانی ٢٨ و ٢٩ی مانگی تەموزی ١٩٨٧ سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە ئامادەبونی هەڤاڵانی هەردوو پارتی تێکۆشەری دیموکراتی کوردستان و دیموکراتی گەلی کوردستان لەسەر خاکی نیشتمان بە یەك گەیشتن بۆ باسکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولا و ئەو ئاڵۆزییانەی لە هەفتەکانی رابردوودا لە نێوانیاندا سەریان هەڵداوە. هەروەها لە بەیەك گەیشتنەکەدا ئاڵۆگۆڕی باری سەرنج سەبارەت بە کێشە گشتییەکانی خەبات کرا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق پێخۆشحاڵن ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەکانی هەردوو لایان ئاشکرا بکەن بەپێی ئەو رێککەوتنی هاوکارییەی لە نێوانیاندا مۆر کراوەو لە شوباتی ١٩٨٧دا راگەیەندراوە. هەردوو لایەن ئەوە دوپات دەکەنەوە کە سورن لەسەر پاراستنی خاڵەکانی رێککەوتننامەکە و مومارەسەکردنی رەخنەی برایانە و بنیاتنەر، بڕواشیان وایە کە هاوڕێیان و دۆست و لایەنگرەکانیان و جەماوەر پێشوازیی گەرم لەو هەنگاوە دەکەن. هەردولا سوپاسی ئەو حزبە هاوپەیمانانە دەکەن کە بە هەست کردن بە لێپرسراوەتی هەوڵی خۆیان خستە کار بۆ هێنانە کایەی ئەو کارەی بە ئەنجام گەیشت.

١٩٨٧/٧/٢٩

سەرچاوە: رۆژنامەی «رزگاری» ژمارە ٢١-٢٢-٢٣، ئابی ١٩٨٧، ل١.


## غەریب عەسکەری



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی سێ تیپی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ناوی تەواوی حەمە غەریب سەعید تۆفیق. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ی گوندی

عەسکەر لە ناوچەی قەڵاسێوکە. دەرفەتی تەواو کردنی خوێندنی نەبووە، هەر ئەوەندەی پێ کراوە کە تا پۆلی سێی ناوەندی بخوێنێ.

ساڵی ١٩٥٦ ژیانی سیاسیی دەست پێدەکا، کاتێك لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٦١ لە کاتی دروستبوونی نارەزایی بەرامبەر بەیاسای چاکسازیی کشتوکاڵ لە سەردەمی جەنراڵ عەبدولکەریم قاسم و یاخیبوونی خێڵەکان، پەیوەندیی بەیاخیبوونەکەوە کردو لەگەڵ خێڵە راپەڕیوەکاندا چەکی هەڵگرت. پاش دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکە، چەکی دانەناو لە ساڵی ١٩٦٢دا پەیوەندیی بەو بزووتنەوە چەکدارییەوە کرد کە پارتی دیموکراتی




کوردستان هەڵگیرساندبوو. لێرە بەدواوە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێدەکا.

ساڵی ١٩٦٤ لە کاتی دروستبوونی دوبەرەکی لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی سەرۆکی پارتی، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. پاش کشانەوەی هێزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ ناو ئێران، تا ساڵی ١٩٦٦لە هەمەدان مایەوە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیی ساڵانی شەستەکاندا دوو جار بریندار بووە: جارێك لە ساڵی ١٩٦٤ لەگوندی تەگەران لە ناوچەی شارباژێڕو جارێکی تر لە ساڵی ١٩٦٧ لە ناو شاری کەرکوك.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، هیچ پلەو پۆستێکی حزبیی وەرنەگرت و گەڕایەوە بۆ سەر ژیانی ئاسایی خۆی. ساڵی ١٩٧٧ دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا، پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو دواتریش مەفرەزەیەکی لە چەمی رەزان پێك هێناو لەوێ رۆڵێکی دیارو بەرچاوی لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەدا لە چوارچێوەی هەرێمی دووی کەرکوك نواند.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەند لێپرسراوەتییەکی دیاری وەرگرتووەو لە ماوەی جیاوازدا فەرماندەی سێ تیپ بووە. ساڵی ١٩٨٢ لێپرسراوەتیی تیپی ٩٩ی بیتوێنی پێ سپێردرا کە سنوری ناوچەی رانیەو خدرانی گرتۆتەوە. بۆ ساڵی دواتر، لە جێی نازم حەمەی سلێمان کرایە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش. ساڵی ١٩٨٤ بۆ مەڵبەندی دوو گوێزرایەوەو لەوێ بۆ ماوەی یەك ساڵ لێپرسراوەتیی تیپی مەڵبەندی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٧ کرایەوە بە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش.

لە ماوەی نێوان ١٩٨٣ ـ ١٩٨٨ دوو جار بریندار

بووە. جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٨٣ لەگوندی رەزگەی ناوچەی پشدەرو جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی کیمیابارانکردنی هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەر. لە کاتی ئەنفالەکاندا خێزانیو دوو کوڕیو چەند خزم و کەسوکارێکی لەدەستدا.


دوای هێرشەکانی ئەنفال و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور لە ساڵی ١٩٨٨، لە قاسمە ڕەش و سەردەشت گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا ئەرکی هەماهەنگیی نێوان سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو قەرارگای رەمەزانی سوپای پاسدارانی ئێرانی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە راپەڕیندا کردو لە کاتی رزگارکردنی چەمچەماڵدا بریندار بوو، بەڵام برینداربوونی ڕێی لەوە نەگرت کە بەشدار بێ لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شاری کەرکوکدا. پاشان کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ١٥ی چەمی رەزان کە بارەگاکەی لە سەرگەڵوو بوو، پاشان بارەگاکە برایە سورداش و دواتریش لەقازان دانرا. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی هێزی ٥ی سلێمانی و دواتریش کرایە جێگری فەرماندەی دوکان.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە خولی ئەفسەرانی کوردستاندا کردو ساڵی دواتر، پاش پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان، بە پلەی موقەدەم لە لیوای ٢٢ی دوکان خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٩٤ کرایە جێگری هێزی ٥ی سلێمانیو لە ماوەی نێوان ١٩٩٦ ـ ٢٠٠٣ لە دوکان و لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە لەفەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە وەك كارگێڕی فەرماندەییو جێگری لێپرسراوی پشکنین و مەشق بە پلەی لیوا خزمەتی کرد.

لە ٤ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٧ لەگوندی عەسکەر بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد.

## غەریب هەڵەدنی*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندە و پارتیزان. ناوی تەواوی سابیر عەبدولقادر حاجی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی هەڵەدن لە دۆڵی جافەتی. خوێندنی سەرەتایی لەگوندەکەی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

لە تەموزی ١٩٧٦دا لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شارباژێر بۆتە پێشمەرگە. هەر ئەو ساڵە، خۆی و باوکی کە ئەویش ئەندامی کۆمەڵە بوو، پەناگەیەکیان بۆ چاپخانەی کۆمەڵە لەتەنگەی مادێنای حەسەن بەگ لە چیای ژیلوان بەرامبەر بەگوندی هەڵەدن دانا، بە ئامێرەکانی ئەم چاپخانەیە یەکەم بەلاغی عەسکەریی شۆڕشی نوێ چاپ کراوە.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەو برادۆست بەڕێ کەوت و لە ناوچەی هەکاری دووچاری کێشمەکێش و نەهامەتییەکی زۆر بوو.


بەشدار بوو لە هەردوو کۆنفرەنسی ١و ٢ی کۆمەڵەو لە ساڵی ١٩٨٢دا بووە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی دوکان. ساڵی ١٩٨٥ وەك كادیرێکی عەسکەری گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی یەك لەقەرەداغ. ساڵی ١٩٨٦ گەڕایەوە بۆ دۆڵی جافەتی و لەگەڵ چەند کادیرێکی تردا ئەرکی گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی لە ناوچەی ئالانەوە بۆ

بارەگاکانی یەکێتی لە دۆڵی جافەتی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٧ بوو بە کادیر لەسکرتاریەتی سکرتێری گشتی و هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی تیپی پارێزگاری. ساڵی ١٩٨٨ لەگوندی هەڵەدن لە کاتی شاڵاوی ئەنفالی یەکی دۆڵی جافەتیدا بەگازی کیمیایی جۆری خەردەل بریندار بوو. لە حوزەیراندا بەشداریی لە شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی ٣دا کردو لە ئەیلولدا وەك فەرماندەی پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش گەڕایەوە بۆ ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و مەرگەو سورداش و لەو ماوەیەدا ئەرکی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی و ڕێکخستنی سلێمانیی گرتە ئەستۆ.

لە بەرنامەی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا یەکێ لە فەرماندەکانی قۆڵی سورداش بوو. لەگرتنی سەربازگەی مەرگە بریندار بوو.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی



یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد و پاش دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان، بووە فەرماندەی لیوای ٢٢ی سەر بە ناوچەی فەرماندەیی سلێمانی. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی زۆر داستان و چالاکیی کردووە لەوانە شەڕەکانی ئاسنگەران، ژیلوان، قەندیل، سماقوڵی، دەشتی کۆیە، قەیوان- ماوەت، داستانی رزگاری، هەڵەموند، گەرەوان، دابان - هەلاج.

خولیا و ئارەزوویەکی پەرەسەندوی کەلتوری و شوێنەواریی هەبوو. ساڵی ١٩٩٣ ئاسەوارێکی گرنگی مێژوویی پێشکەش بە فەرمانگەی شوێنەوارناسیی سلێمانی کرد کە مێژووی بۆ چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوەو زیاتر لە پێنج ساڵ بوو پاراستبووی. هەروەها شوێنی ئاسەوارێکی گرنگی دیکەی پیشانی هەمان فەرمانگە دا لە دەربەندی رەبەنە لە پشت گوندی قەرەچەتان لە بناری چیای پیرەمەگرون لە ناوچەی سورداش.

لە ٢٢ی تەموزی ١٩٩٣دا هەڵەدنی لە ڕوداوێکی نەخوازراودا لە دوکان بە دەستی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان شەهید کرا. چیرۆکەکە بەوە دەست پێ دەکا کە لیوای ٢٢ بێ بارەگا بوو. لە کۆبونەوەی فەرماندەیی ناوچەی سلێمانیدا بڕیار درابوو بارەگای جەیش شەعبیی دوکان بکرێ بە بارەگای لیواکە. بەڵام لەبەر ئەوەی بارەگاکە پێشمەرگەی پارتی کۆمۆنیستی لێ بوو، پەیوەندی بە لێپرسراوانی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانیی حزبەکەوە کرابوو تا بارەگاکە چۆڵ بکەن. لەم سەروبەندەدا، بۆ زەمینەسازی بۆ چۆڵ کردنی بارەگاکە، هەڵەدنی بە دوو پێشمەرگەوە چوو بوو بۆ بارەگاکە، بەڵام لەوێ پێشمەرگەکان ئامادەیی چۆڵ کردنی بارەگاکەیان نیشان نەدابوو و هەردولا دەمیان لێك گیر ببوو و مشتومڕەکە گەیشتبووە رادەی دەست بردن بۆ چەك.

لەم ئالۆزییەدا پێشمەرگەکانی بارەگاکە تەقەیان لە هەڵەدنی کردبوو و شەهیدیان کردبوو. بە هۆی ئەمەوە خزم‌و کەسوکارەکەی چوونە سەر بارەگاکەو ئابڵوقەیان دا. مەحمود سەنگاوی، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ناوچەی سلێمانی، بۆ رێگرتن لە تەشەنەکردنی رووداوەکە، بە پەلە چووە دوکان و گەمارۆدراوەکانی لەگەڵ خۆی برد بۆ بارەگای فەرماندەیی. بەڵام خزم و کەسوکاری هەڵەدنی لەگەڵ کاروانەکە تا ناو بارەگای فەرماندەیی چون. لەوێ، لە کاتی داگرتنی تاوانبارەکاندا، مشتومڕ لە نێوان خزمانی هەڵەدنی و سۆران عوسمان ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانیی پارتی کۆمۆنیست و تاوانباری سەرەکی دروست بوو و بە کوشتنی ناوبراو کۆتایی هات.

رۆژی دواتر کۆمیتەی پارێزگای سلێمانیی پارتی کۆمۆنیست راگەیەنراوێکی دەربارەی رووداوەکە دەرکرد، تێیدا رووداوەکەی وا خستە بەرچاو کە هێزێکی لیوای ٢٢ پەلاماری بارەگاکەی دوکانی داوەو مشتومڕو تەقە رویداوەو بۆتە هۆی بریندابونی چەند کەسێك لە هەردوولا، لەوانە فەرماندەی لیواکە کە دواتر بە هۆی برینداربیەکەوە گیانی لە دەست داوە. راگەیەنراوەکە وا لەسەری رۆیشتووە کە دوای دەست گرتن بەسەر بارەگاکەدا، شەش پێشمەرگەی بارەگاکە براون بۆ بارەگای فەرماندەیی ناوچەی سلێمانی و لەوێ سۆران عوسمان گوللەباران کراوە، ئەویش دوای ئەشکەنجەدان و راکێشان بەسەر زەویدا. راگەیەنراوەکە تۆمەتی دیل کوشتن و پێشێل کردنی مافی مرۆڤی خستە پاڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. سەربار، پارتی کۆمۆنیست لە ئێزگەش درێژەی بە تۆمەتەکانی داو هێرشی توندی کردە سەر هەر یەك لە جەعفەر شێخ مستەفاو حەسەن حەمید ناسراو بە مام رۆستەم و مەحمود سەنگاوی کە گوایە دەستیان لە ڕووداوەکەدا هەبوە.


رووداوەکە مایەی وروژاندنی هێزی پێشمەرگە بوو. لە٢٥ی تەموزدا کۆمەڵەی پێشمەرگە کۆنەکانی کوردستان یاداشتێکی ئاراستەی هەر یەك لە تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی کرد. یاداشتەکە شەهیدکردنی هەڵەدنیی بە «تاوان» دایە قەڵەم و تێیدا پێشمەرگەکان هەڕەشەیان کرد کە «چیتر ناتوانین هەروا دەستەوسان راوەستین و بە بەرچاوی هەموانەوە بکوژرێین و پاشانیش مامەڵەمان پێ بکرێ» و هەروەها هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوەشیان کرد.

لەو ماوەیەدا پارتی کۆمۆنیست بەدواداچونی بۆ وردەکاریی رووداوەکە کردو بۆی دەرکەوت بە هەڵە لە مەسەلەکە گەیشتووە. بۆیە لە٢٥ی تەموزدا کۆمیتەی پارێزگای سلێمانیی پارتی کۆمۆنیست راگەیەنراوێکی بەپێچەوانەی راگەیەنراوی پێشووەوە دەرکرد، تێیدا رووداوەکەی بە« چاوەڕوانەکراوو دڵتەزێن» ناو بردو دانی بە هەڵەکانی خۆیدا ناو بەدەق ئەوەی تێدا راگەیاند کە «ئەنجامی ئەو رووداوە بوە هۆی دڵگەرمی و هەڵچونی کاتی کە بونە هۆی بەرپابونی هێرشێکی ئیعلامی لە لایەن ئێمەوە لە ڕێگەی ئێزگەو تەلەفزیۆنەوە کە دەبوایە وردبینانەترو بە دەمارێکی هێمنەوە بەرەو بناوانی کێشەکە بچوینایە بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەك تەسعیدکردنی... دان بەوەدا دەنێین کە دەبێت ئەم جۆرە رووداوانە بە گیانێکی بەرزی هەست بە لێپرسینەوە چارەسەر بکەین بۆ دیاری کردنی چارەسەرێکی عادیلانە، دور لە تەسعیدکردنی دۆخەکەو ئاڵۆزکردنی کێشەکە، چونکە ئەم جۆرە کێشانە بە توندوتیژکردنی راگەیاندن و بەکارهێنانی چەك چارەسەر ناکرێن».

راگەیەنراوەکە غەریب هەڵەدنی و سۆران عوسمانی بە «شەهید» ناو بردو هێرش کردنە سەر حکومەتی هەرێم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەر یەك لە حەسەن حەمیدو جەعفەر شێخ مستەفاو مەحمود سەنگاویی بە کارێکی «نارەوا» دایە قەڵەم.

بیرەوەرییەکانی کە تایبەتن بە ژیانی پارتیزانیی ساڵانی ١٩٨٨ - ١٩٨٩، لە ساڵی ١٩٩٤دا لە سلێمانی لە دوتوێی نامیلکەیەکی بچوکی ٦٤ لاپەڕەییدا چاپ کراون. ئەم نامیلکەیە بە ناونیشانی «خۆم و دەوروبەرو هاوڕێکانم لە بڕیارێکی مێژووییدا» لە چاپخانەی سەرکەوتن چاپ کراوە و مەحمود رەزا پێشەکیی بۆ نوسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە.


## غەسان نەعسان



نوسەرو وەرگێڕو شانۆکار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی شاری منبج لە سوریا. ناوی تەواوی غەسان نەعسان حاجی عەبدو نەعسان. بە ڕیشە دەچێتەوە سەر خێڵی رەشوانی لە سوریا. دایکی، نائیلە ئیسحاق جوخای بەرەچەڵەك چەرکەسە کە باپیری لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ناوچەی کافکاسی بەجێ هێشتووەو لە کوردستان نیشتەجێ بووە.

هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە شاری حەلەب تەواو کردووەو دواتر لە پەیمانگای پزیشکیی زانکۆی حەلەب وەرگیراوە. لەو ماوەیەدا بەشدار بووە لە چالاکییە شانۆگەرییەکانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی سوریا. لە کاتی لەتبونی ساڵی ١٩٧٢ی پارتی کۆمۆنیستی سوریا و دابەشبونی بەسەر باڵی ریاز تورك و باڵی خالید بەکداش دا، پشتگیریی باڵی بەکداشی کرد بەڵام بەهۆی رەخنەی لە سیاسەتی گشتیی حزبەکەیو گوێ نەدانی حزبەکەی بە سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد، لە ساڵی ١٩٧٥دا وازی لێ هێناو پەیوەندیی بە ڕێکخراوی کاری کۆمۆنیستەوە کرد کە هەڵوێستێکی گونجاوتری بەرامبەر بە مەسەلەی کورد هەبوو و دژی دروست کردنی هاوپەیمانی بوو لەگەڵ رژێمی حزبی بەعسی سوریا. ساڵی ١٩٨٧ لە سۆنگەی سەرکوت کردنو راونانەوە ناچار بوو سوریا بەجێ بێڵێو لە نەمسا نیشتەجێ بێ.

لەوێ فێری زمانی ئەڵمانی بوو و دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ دا چوو بۆ ئەڵمانیا و لە زانکۆی میونشن شانۆ و لە پەیمانگای جیمیلین لە شاری ئۆلم دراماو هونەری نواندنی خوێند. لە ماوەی گیرسانەوەی لە



ئەڵمانیا، چەندین شانۆنامەو سیناریۆی تەلەفزیۆنیو سینەمایی بۆ شانۆکانی میونشنو چەند شارێکی تر لە ئەڵمانیاو نەمساو سویسرا نوسیو لە چەند پەیمانگاو زانکۆیەکی ئەڵمانیا وانەی نوسینو دەرهێنانی شانۆگەریی وتەوە، سەرباری وەرگێڕانی چەند شانۆنامەیەکی غەسان کەنەفانیو سەعدوڵڵا وەننوس و ئەمیل حەبیبی لە عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی ئەڵمانی.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە لقی باشوری ئەڵمانیای یەکێتیی خوێندکارانی کوردی ئەوروپاوە کرد کە کورتکراوەکەی ئەکسایەو لەم قۆناغەی ژیانیدا وردە وردە لە بیروباوەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نزیك بۆوەو لە هەمان کاتیشدا وەك هەڵسوڕاوێکی سیاسی کاری بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد کردو پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ حزبە چەپو سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیادا دامەزراند.

ساڵی ١٩٩٩ گەڕایەوە بۆ سوریاو شانۆگەریی «مومو»ی نوسەری ئەڵمان میکائیل ئێندەی لە شانۆی کرێکارانی دیمەشق پێشکەش کردو هەر لەو ماوەیەشدا چەند کتێبێکی لە بواری سینەماو شانۆدا لە زمانی ئەڵمانییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، لەوانە چەند بەرهەمێکی نوسەرانی وەك لوتە ئایزنەرو دورینمات، سەرباری بەشداریی لەچەند درامایەکی سوری.

ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ چەند هونەرمەندو ڕۆشنبیرێکی کوردی سوریا سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو لە کۆتایی ئەو ساڵەدا لە شاری سلێمانی گیرسایەوە. ساڵی ٢٠٠٦ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو وەك کادیر لە مەکتەبی بیرو هۆشیاری دامەزرا. لەو ماوەیەدا چەندین لێکۆڵینەوەی بە زمانی عەرەبی لەگۆڤارەکانی «گەلاوێژ» و «پەیڤین» و «ئەقواس» و پاشکۆی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەی «تەئاخی» دا بڵاوکردۆتەوەو چەند کتێبێکیشی لەزمانی ئەڵمانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی کە وەك بەشێك لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاریو ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران بڵاو کراونەتەوە لەوانە چەند بەرهەمێکی فیفین برونەر، برنارد ویتمان، فریدیش دورینمات، سەرباری وەرگێڕانی کتێبەکەی فازڵ ڕەسول «کوردستان و سیاسەتی یەکێتیی سۆڤێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» لە ئەڵمانییەوە بۆ عەرەبی. ساڵی ٢٠١٠ ئەرکی سەرنوسەری گۆڤاری «مەرسەدی دەولی»ی پێ سپێردرا کە لە ماوەی نێوان شوباتی ٢٠١١و شوباتی ٢٠١٢ دا سیانزە ژمارەی لێ دەرچووە.

لە ٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٧دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بەکرەجۆ بە خاک سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* مەرسەدی دەولی (گۆڤار).

## غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. ناسراو بە مام غەفوور. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٢ی گوندی سمایلاوای ناوچەی کەندیناوە لەباشووری هەولێر. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر خێزانێکی جوتیار. بە هۆی ئەوەی کە باوکی مەلا بووە، کەمێك لە فەقێیاتیی خوێندووە.

ساڵی ١٩٥٧ لە سۆنگەی سەرهەڵدانی کێشەی جوتیارو ئاغا لە ناوچەکەیان، تۆمەتی هاندانی جوتیارانی لە دژی ئاغاکان خرایە مل و زیندانی کرا. ساڵی دواتر، پاش کودەتای ١٤ی تەموز، ئازاد کرا. ساڵی ١٩٦٢ بە هۆی کێشەیەکی کۆن لەگەڵ ئاغای گوندەکەیاندا دەستگیر کراو درایە دادگاو لەوێ سزای زیندانی کردنی بۆ دەرچوو و بەهۆی ئەمەوە لە بەندیخانەی شاری رومادی زیندانی کرا. بەڵام لەوێ، بە یارمەتیی سەربازێکی گوندەکەی خۆی، رایکردو گەڕایەوە بۆ کوردستان و لەگوندی گردەسۆر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

ساڵی ١٩٧٥ پێش هەرەس هێنانی شۆڕش بە ماوەیەکی کەم، کرایە سەرلق. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، لە ئێران گیرسایەوەو ماوەیەك بووە بەرپرسی ئۆردوگای ئاوارەکان لە کرماشان. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە عەلی عەسکەری و خالید سەعید و عەلی هەژارەوە کرد کە دواتر بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان دامەزراند.

لە مانگی تەموزدا گەڕایەوە بۆ عیراق و دواتر پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٦ لە چوارچێوەی بەرنامەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، ئەرکی پەیداکردنی چەکی لە ناوچەی دیدەوان پێ سپێردرا. جموجوڵ و هەڵسوڕانی، سەرنجی دەزگای ئەمنی گوێڕی راکێشا، بۆیە چەند جارێك گیراو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا، بەڵام هیچی لەسەر ئاشکرا نەبوو.

لە شوباتی ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرەوە کردو بوو بە پێشمەرگە. لەنەورۆزی ئەو ساڵەدا، کاتێك بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا بۆوە، ئەویش لەگەڵ بزووتنەوە جیا بۆوەو بووە ئەندام لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان کە دوای جیابوونەوەکە دامەزرا. کاتێك هەرێمی ٧ی حزبی سۆسیالیست دامەزرا، کرایە فەرماندەی هەرێمەکە. لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٤ وازی لە حزبی سۆسیالیست هێناو گەڕایەوە ناو یەکێتی و کرایە فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. لەو ماوەیەی لە دەشتی هەولێر فەرماندە بوو، ئاستی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی زۆر پەرە پێدا.

ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا، دۆڵی سماقوڵیی کردە بنکەی هەڵسوڕانی و بەرپەرچی هێرشەکانی سوپای عیراقی دایەوە. دوای ئەنفالەکان، کشایەوە ناوچەکانی سەر سنورو لەگوندی نۆکان بارەگای دانا.

لە کاتی جێبەجێ کردنی نەخشەی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، بە هێزێکەوە لە ڕانیە دابەزی و لەوێوە رووی کردە شاری کۆیە. دوای راپەڕین، کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی شەمامك و لە ساڵی ١٩٩٣دا کرایە فەرماندەی قوڵی کانی قرژاڵە. لە کاتی شەڕی ناوخۆدا کرایە فەرماندەی لەشکری ١٦ لە سێبەردان. ساڵی ١٩٩٧ بووە فەرماندەی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دۆڵی سماقوڵی. ساڵی ١٩٩٨ بووە لێپرسراوی فەرماندەیی لە کۆیە.

ساڵی ٢٠٠٩ بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند دانرا. ساڵی ٢٠١٠ کرایە فەرماندەی لیوای ٨ی هەولێر کە بارەگاکەی لە شاری کۆیە بوو.

لە شەڕی ساڵانی ٢٠١٤ - ٢٠١٦ی دژی داعشدا، وەک فەرماندەی لیوای ١٠٨ی هێزی پێشمەرگە رۆڵێکی دیاری لە بەرپەرچدانەوەی داعش و پاراستنی کەرکوکدا گێڕاوە و لە ناوەڕاستی ئازاری ٢٠١٦دا لە شەڕێکدا لە گوندی گەڕاوی خۆرئاوای کەرکوک بە سەختی بریندار بوو.

بابەتی پەیوەندیدار:

* دەشتی هەولێر (تیپ).

# غەفور ساڵح ژاژڵەیی*



پێشمەرگەو کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی گوندی کانی بیی سەر بە ژاژڵەی ناوچەی ماوەت لە پارێزگای سلێمانی. ساڵی ١٩٥٤ لە خوێندنگەی سەرەتایی ژاژڵە خراوەتە بەر خوێندن و لە خوێندندا زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڕادەیەك کە لە ساڵی خوێندنی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ دا لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم و لەسەر ئاستی عیراق بە پلەی دووەم قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٠ بۆ تەواو کردنی خوێندن، چۆتە سلێمانیو لە ناوەندیی سلێمانیی کوڕان خوێندویەتی.

لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو لەم دەروازەیەوە ژیانی کوردایەتیی دەستی پێکردووە. چالاکیو جموجوڵی، سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی ڕاکێشاو ئەمە لە ساڵی ١٩٦٢ دا بووە مایەی دورخستنەوەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بۆ قەزای هاشمیەی پارێزگای بابل. لەو کاتەدا ئەو لەپۆلی دوەمی ناوەندی بوو. هەر ئەو ساڵە، خۆیو هاوڕێکانی لە تاراوگە رایانکردو گەڕانەوە بۆ ژاژڵە. ئەگەرچی ڕاکردنەکە بووە مایەی رزگاربونی لە ژیانی دورخراوەیی، بەڵام یارمەتیی ئەوەی نەدا کە بگەڕێتەوە سەر خوێندن.

پاش روخانی رژێمی جەنرال عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦٣، گەڕایەوە سەر خوێندن و لە ساڵی ١٩٦٥دا قۆناغی ناوەندیی تەواو کردو هەر ئەو ساڵە لە خانەی مامۆستایان وەرگیرا.

ساڵی ١٩٦٨ بە مامۆستا لە خوێندنگەی سەرەتایی ژاژڵە دامەزراو هەر لەو ساڵەشدا بووە ئەندامی ڕێکخراوی ماوەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٧١ بووە بەڕێوەبەری خوێندنگەکەی ژاژڵە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراقدا پاش چوار ساڵ ئاشتیو وتوویژ، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لەو ماوەیەدا نێردرا بۆ بادینانو لەوێ ئەرکەکانی خۆی وەك پێشمەرگە بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرد. هەمان ساڵ کرایە سەرلق و بەشدارییەکی کارای لە شەڕەکانی حاجی ئۆمەران و سەرتیزو دەروی هۆمەر ئاغادا کرد.

ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە ناوچەی ماوەت و دەستی بە مامۆستایەتی کردەوە. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو وەك کادیرێکی پێشکەوتوو کەوتە نواندنی چالاکی. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و ماوەت وەك ئەندامی لقی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی بە هەڵسوڕانێکی چڕ کردو هەر ئەو ساڵە لە شەڕێکدا لەگوندی دڕی بە سەختی بریندار بوو.

لە٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ دا لە نێوان هەردوو گوندی باڵخ و گاپیلۆنی ناوچەی ماوەتدا دوو تاوانبار کە بە فیتی دەزگا ئەمنییەکانی عیراق دزەیان کردبۆوە ناو هێزی پێشمەرگە، لە پیلانێکدا شەهیدیان کردو پاشان پەیوەندییان بە دەزگا ئەمنییەکانەوە کرد. ناوی دوو تاوانبارەکە و هەواڵی تاوانەکە لە ژمارە ٤ی ڕۆژنامەی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» دا بڵاوکراوەتەوە.

## غەفور عەبدوڵڵا حەمەد*



پێشمەرگەی دێرین و کادیری عەسکەری. ناسراو بە مەلا عەزیزی بەردەسپی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی گوندی بەردەسپیی سەر بە ناحیەی سێگرتکان لە قەزای کۆیە. ئەم ناوچەیە ناوچەیەکە هەر یەك لە عەلی سالح سێگرتکانیو ئەحمەد قەمبەری لە کۆتایی حەفتاکاندا هەڵسوڕانێکی ڕێکخراوەیی فراوانیان تێدا ئەنجام داوە. لەم سەروبەندەدا غەفور حەمەد کە دواتر لە پێشمەرگایەتیدا بە مەلا عەزیز دەناسرێ، یەکێ لەو لاوە کوردپەروەرانەی ناوچەکە بوو کە ساڵی ١٩٧٨ لە ڕێگەی عەلی ساڵحەوە پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٠دا پەیوەندیی بە کەرتی ٢ی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی لەوێ دەست پێکرد. هەر لەو کەرتەشدا پلەکانی پێشمەرگایەتیی پلە لەدوای پلە بڕی. لە ساڵی ١٩٨٢دا کرایە فەرماندەی مەفرەزەو لە ساڵی پاشتردا لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی کەرتەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٤ کرایە فەرماندەی کەرتی ٢ی ئەحمەد قەمبەری لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە سێ ئۆپەراسیۆنە گەورەکەی ساڵی ١٩٨٧ی گرتنی دێگەڵە و تەقتەق و داستانی رزگاریو شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٨ی سنوری مەڵبەندی ٣ی دۆڵی جافەتی، سەرباری بەشداریی کاریگەری لە زۆربەی هەرە زۆری شەڕەکانی دەشتی هەولێر. لە شەڕەکاندا سێ جار بە سەختی بریندار بووە.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ڕۆڵێکی کارای لە رزگارکردنی هەولێردا گێڕاوەو دواتریش بەشدار بووە لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا. پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، کرایە فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی سەفین. لە ساڵی ١٩٩٥دا پلەکەی بۆ سەرلەشکر بەرز کرایەوە. لە٣١ی ئابی ١٩٩٦دا لە سەروبەندی هێرشی هاوبەشی هێزەکانی گاردی کۆماری عیراق و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر هەولێر، بەرگریی لە هەولێر کرد، بەرپەرچی هێرشبەرەکانی دایەوەو لە شەڕێکی نابەرابەردا بە سەختی بریندار بوو. ڕۆژی دواتر شەهید بوو.

## ف

### فاتیح حەیدەر عارف*



یەکەم شەهیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٩ی گوندی سازانی ناوچەی هەڵەبجە. ساڵی ١٩٥٠ ماڵیان گواستۆتەوە بۆ شاری هەڵەبجەو هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٥٥ خراوەتە بەر خوێندن و تا پۆلی دووەمی ناوەندی بەردەوام بووە لەسەر خوێندن.

ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ پەرەسەندنی زوڵم و زۆری حزبی بەعس، وازی لە خوێندن هێنا و لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردو تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو لەسەر پێشمەرگایەتی. ئەو دوانزە ساڵەی کە تێیدا پێشمەرگە بووە، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر قوڵکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوایەتیی هەبووە، بۆیە هەرەس هێنانی کتوپڕو چاوەڕواننەکراوی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، شۆکێکی گەورەی لەناخی دروست کرد. هەر ئەو ساڵە، پاش چەند مانگێك لەهەرەس هێنانی شۆڕش، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

لەگەڵ دەستپێکی کارکردن بۆ پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، ئامادەیی تەواوی بۆ بەشداری کردن لە دەستە چەکدارەکاندا دەربڕیو لەگەڵ پێکهێنانی یەکەم دەستەی چەکدار لە ناوچەی هەڵەبجە، پەیوەندیی پێوە کردو بووە پێشمەرگە. ژیانی پێشمەرگایەتیی درێژ نەبوو، دەوروبەری سێ مانگ بوو. لە ١٣ی ئەیلولی ١٩٧٦ دا لە ڕووبەڕوبونەوەیەکدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق لەگوندی قاینچەی سەر بە قەزای سەید سادق، پاش شەڕێکی سەخت شەهید کراو بووە یەکەم شەهیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی.

فاتیح حەیدەر عارف بەهرەی شیعر دانانی هەبوو بەڵام لە ژیانیدا هیچی لێ بڵاو نەکردۆتەوە. ساڵی ٢٠١٢ پاش تێپەڕبونی ٣٦ ساڵ بەسەر شەهیدبونیدا، حەکیم مەلا ساڵح لە دەستپێشخەرییەکی شایستەدا سەرجەم هۆنراوەکانی کۆکردەوەو لە بەرگێکی قەشەنگدا لەسەر ئەرکی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بە چاپی گەیاند.


### فارس محەمەد سادق



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی گردعازەبان لە ناحیەی شەمامکی پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە

شەمامك و ئامادەیی لە هەولێر تەواو كردووە.
ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی هێڵی گشتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە كردووەو پاش دوو ساڵ بۆتە پێشمەرگە لەدەشتی هەولێرو هەر لەوێ كراوەتە ئەندامی ناوچە لە قوەتی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٨٢ بۆتە فەرماندەی كەرت لەو هێزەی كە لەگوندی وەرتێی ناوچەی باڵەكایەتی ئەركی پارێزگاری كردنی بارەگاكانی كۆمیتەی سەركردایەتیی ناوچەی هەولێری پێ سپێردرا بوو. ساڵی ١٩٨٤ بۆتە ئەندامی مەڵبەندی سێو لە ساڵی ١٩٨٥دا وەك كادیرێكی كۆمەڵایەتی لە دۆڵی بالیسان كاری كردووە.
لە كاتی پەیدابونی دوبەرەكی لە ناو سەركردایەتیی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و سەرهەڵدانی ڕەوتێك بە ناوی ئاڵای شۆڕشەوە، پشتگیریی ڕەوتەكەی كردوەو وەك هەڵسوڕاوێكی ڕەوتەكە لە دێكانی دەشتی شەمامك كاری ڕێكخراوەیی كردووە، سەرباری ئەوەی كە فەرماندەیی مەفرەزەیەكیشی كردوە.
ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا و گەڕایەوە بۆ هەولێر. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا بەشداریی لە ڕزگاركردنی شاری هەولێرو دەوروبەریدا كرد. ساڵی ١٩٩٢ لە چوارچێوەی یەكگرتنی ڕێكخراوی ئاڵای شۆڕشو حزبی زەحمەتكێشانی كوردستاندا، بووە ئەندامی حزبی زەحمەتكێشان. لە ساڵی ١٩٩٣دا چووە ریزی ئەو فراكسیونەی كە بە ناوی «پەیڕەوی یەكگرتن» لە ناو حزبی زەحمەتكێشاندا پەیدا بوو و پشتگیریی پرۆژەی یەكگرتنەوەی كرد لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان. هەر ئەو ساڵە، دوا بەدوای ئەوەی كەفراكسیۆنەكە لەگەڵ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان یەكی گرتەوە، كرایە كارگێڕ لە مەڵبەندی ٣ی ڕێكخستنی هەولێر.
لە ساڵی ١٩٩٩دا لێپرسراوەتیی یەكێتیی گشتیی جوتیارانی كوردستانی گرتۆتە ئەستۆو بە درێژایی ماوەی لێپرسراوەتیی لەو سەندیكایە، ٢٧ ژمارەی لە ڕۆژنامەی «خەرمان» دەركردووە كە ڕۆژنامەیەكی ڕۆشنبیریی جوتیارییەو خۆی خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری بووە.
ساڵی ٢٠٠٤ كرایە ئەندامی مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتەكان. ساڵی ٢٠٠٩ كرایە ئەندامی خولی یەكەمی ئەنجومەنی ناوەند. ساڵی ٢٠١٢ بۆتە بەرپرسی بۆردی ڕێكخراوە ناحكومییەكان لە مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتەكان.
ساڵی ٢٠١٤ كرایە بەڕێوەبەری گشتی لە كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان و لە ٢٤ی نیسانی ٢٠١٨ دا لە كاتی بەڕێوەچونی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، لە شەقامی سەد مەتریی شاری هەولێر لە لایەن ژمارەیەك چەكدارەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ناو ئوتومبیلەكەی خۆی تیرۆر كرا.
مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان سەبارەت بە رووداوەكە ڕاگەیاندنێكی بڵاوكردەوە، تێیدا كردەوە تیرۆریستییەكەی شەرمەزار كردو ڕونی كردەوە كە ئەنجامدانی تاوانەكە بە ڕۆژو بە بەرچاوی خەڵكەوە «فشۆڵیی دامودەزگا ئەمنییەكانی هەولێری پایتەخت بە دیار دەخا». ڕاگەیاندنەكە داوای لە لێپرسراوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كرد» هەوڵی چڕوپڕی خۆیان لەپێناوی دۆزینەوەو دەستگیركردنی تاوانبارانی ئەم كردەوە ترسنۆكانەیە بخەنە گەڕ». لەم سەروبەندەشدا ئاماژە بۆ ئەوە كرا كە «ئەمە یەكەم جار نیە لەو شارەدا خەڵكی بێتاوان تیرۆرو بێسەروشوێن دەكرێن».

## فاروق جەمیل سادق



کــادیــری دێــریــنو وەزیری داد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٥ی گوندی خــەزنــەی نــاوچــەی شــەمــامــکــی دەشــتــی هەولێر. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرە کە هەموو تــوانــای خــۆی بۆ بزوتـنـەوەی کوردایـەتی تـەرخان کـردووە. هـەر سێ قۆناغی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٠ دەست پێ دەکا، کاتێك لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا پەیوەندیی بە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستـانـەوە کـردو دواتـریـش بووە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٦٣ لە کۆلێجی مافی زانکۆی بەغدا وەرگیرا و هەر لەوێش وەك ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنەکانی کۆلیجی ماف، کاری بۆ پتەوکردنی ڕێکخستنەکانی پارتی کـرد. ساڵی ١٩٦٤ لـەگـەڵ پـەرەسـەندنی ناکۆکییەکانی ناو پارتی لە نێوان باڵی مەلا مستەفا بارزانیو باڵی مەکتەبی سیاسیدا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. ساڵی ١٩٦٥ لێپرسراوێتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی هەردوو کۆلێجی ماف و بازرگانیی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٦٧ خوێندنی کۆلێجی مافی بە پلەی زۆر باش تەواو کردو هەر ئەو ساڵە ناسنامەی پارێزەرایەتیی وەرگـرت و لە شاری هەولێر پیشەی پارێزەریی دەست پێکرد.

لـەو مـاوەیـەدا بـەردەوام بـوو لـەسـەر کـارکـردن لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. ساڵی ١٩٦٧، پاش تیرۆر کردنی ئەحمەد ڕەشوانی، لە جێی ئەو وەك ئەندامی ناوچەی هەولێر دانرا و هەر ئەو ساڵە بووە لێپرسراوی لقی هەولێری باڵی مەکتەبی سیاسی.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، لە ناو پارتیدا وەك ئەندام کاری کرد. ساڵی ١٩٧٢ پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لێکرد وەك دادوەر لە چۆمان کار بکا. لەکانونی یەکەمدا لەوێ وەك دادوەر دەستبەکار بوو. لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ هەر یەك لە زەید ئەحمەد عوسمان لێپرسراوی بەشی دادو عومەر مستەفا جێگری لێپرسراوی بەشی داد، کەوتە ڕێکخستنەوەی کاری دادگاکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق.

ساڵی ١٩٧٤ دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، سەرکردایەتیی شۆڕش داموو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیی لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسـەڵاتـی حکومەتی عـیـراق دامـەزرانـد، لـەوانـە ئەمانەتی گشتیی دادو ئەوقاف کە ساڵح یوسفی کرایە لێپرسراویو عومەر مستەفا جێگری بوو. بۆیە، لەو ماوەیەدا هەموو کاروباری دادگاکان ڕادەستی ئەم ئەمانەتە کرا. لەو ماوەیەدا فاروق جەمیل ئەرکەکانی وەك یاساناس لەو ئەمانەتە بەڕێوە برد. ساڵی ١٩٧٥ دوا بـەدوای هـەرەس هێنانی شـۆڕش، گـەڕایەوە بۆ هەولێرو دەستی بە پیشەی پارێزەرایەتی کردەوە.

لـەم قـۆنـاغـەی ژیـانـی، پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا دروست کردو لەم سەروبەندەدا دواجار لە بەغدا چاوی بە عەلی عەسکەری کەوت و چەند جارێکیش لە هەولێر چاوی بە عومەر مستەفا کـەوت، کاتێك عومەر مستەفا مۆڵەتی وەردەگرت و لە ڕومادییەوە دەگەڕایەوە بۆ کوردستان.

دوای دەستـپـێـکـردنـەوەی خـەبـاتـی چـەکـدار لە حوزەیـرانـی سـاڵـی ١٩٧٦، لـەسـەر داوای عـەلی عەسکەری، لێپرسراوێتیی لیژنەیەکی ڕێکخستنی

له هەولێر گرتە ئەستۆ کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە عەسکەرییەوە هەبوو. لیژنەکە سەنگەسەری کردە وێستگەی سەرەکیی پەیوەندیی لەگەڵ شۆڕشدا. ساڵی ١٩٧٩ پاش جیابوونەوەی باڵی ڕەسول مامەند لە یەکێتی، لەگەڵ ئەو باڵەی بزوتنەوەی سۆسیالیستدا مایەوە کە عومەر مستەفا ڕابەرایەتیی دەکردو توانی گەشەیەکی زۆر بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو باڵەدا بدا. هەر لەو ماوەیەشدا پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ تاڵەبانیدا دامەزراندو بەشێکی زۆری نامەکانی تاڵەبانیی گەیاندە دەست کەسە دیارەکانی بەغداو هەولێرو دهۆك.

ساڵی ١٩٨٢ دوا بەدوای یەکگرتنی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا درێژەی بە ئەرکەکانی خۆی دا. لە ئابی ١٩٨٤دا بەشدار بوو لەکۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لە مێرگەپان لە بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا. جموجوڵی لە ساڵی ١٩٨٤دا کە ماوەی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عیراق بوو، سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی ڕاکێشا، بەتایبەتی جموجوڵی لە ناو پارێزەران و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی بەغداو سەردانە یەك لە دوای یەکەکانی بۆ سنوری ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق.

دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان یەکێتیو حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٨٥، ڕەوشێکی دژواری بۆ دروست کرد. لە ئایاردا خۆیو دەروێشی برای و عومەر محەمەدی ئامۆزایو فوئاد مەعروفی برازای و هاوڕێیەکی بە ناوی ڕەشید عومەر لە کاتێکدا بە ئۆتۆمبیل هەولێریان بەجێ هێشتبوو، بەنیاز بوون بچن بۆ ڕانیەو لەوێوە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکەن، لە بازگەی کەسنەزان لە لایەن مەفرەزەیەکی ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیر کران. بۆ ماوەی شەش مانگ لە بارەگای ئەمنی هەولێر هێڵدرانەوەو لێکۆڵینەوەی وردیان لەگەڵدا کرا. پاش ئەوە ڕەوانەی بەغدا کران و دواتر ڕادەستی دادگا کران. لە ١٨ی تشرینی دووەمدا ئەو بە زیندانی هەمیشەیی حوکم دراو ئەوانی تر بە ١٥ساڵ زیندانی. لە ٢٨ی نیسانی ١٩٨٦ هەموویان بەر لێبوردنی گشتی کەوتن و لە ١٧ی ئایار ئازاد کران.

لەو ماوەیەدا لە هەولێر خەریکی پیشەی پارێزەری بوو بەڵام فشاری دەزگا ئەمنییەکانی بەعس و چاودێریی بەردەوام ناچاریان کرد هەولێر بەجێ بێڵێ. لە کۆتایی تەموزی ١٩٨٧ لە ڕانیە خۆی گەیاندە ناوچەی مەرگەو لەوێوە ڕوی کردە دۆڵی جافەتی کە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی لێ بوو. لەوێ لەگوندی یاخسەمەر گیرسایەوە، لە هەلومەرجێکدا کە جەنگی کیمیایی دژی کورد دەستی پێ کردبوو و ناوچەکە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکەدا بوو. لە کاتی بەڕێوەچوونی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال لە دۆڵی جافەتی لە شوبات و ئازاری ١٩٨٨، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کشایەوە سەر سنورو ماوەی چەند ڕۆژێك لە شاری سەقز مایەوە، پاشان لەگەڵ مەفرەزەیەکی مەڵبەندی ٣دا، لە ڕێگای قاسمەڕەش و گوێزێو دۆڵەکۆگەوە، بەرەو سنوری مەڵبەندی ٣ ڕۆیی. بەڵام پاش بەڕێوەچوونی شاڵاوی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەنفال لە ماوەی نێوان ئایارو ئابدا، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە سەر سنورو لە شاری سەقز گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ چەند مافپەروەرێکدا کەوتە کارکردن بۆ گەڵاڵە کردنی پڕۆژەی دامەزراندنی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان. لە ڕۆژانی ٣و٤ی ئەیلول کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتییەکە لەگوندی زەڵێ بە ئامادەبوونی ٢٤ مافناس بەسترا. کۆنگرە حەوت ئەندامی بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی

هەڵبژارد کە یەکێکیان فاروق جەمیل بوو و ئەنجومەن لەیەکەم کۆبونەوەیدا فاروق جەمیلی بە سەرۆك و کەریم سنجاریی بە جێگری سەرۆك هەڵبژارد.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١و دوای ئەوەی کە وتووێژ لە نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق دەستی پێ کرد، بە لێپرسراوی لیژنەی هەماهەنگیی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق لە شاری هەولێر دەستنیشان کراو رۆڵێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی نێوان هەردولا لە ناو شاری هەولێر گێڕا. پاش کشانەوەی هێزەکانی حکومەتی عیراق لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك و پێکهێنانی لیژنەیەك لە شاری هەولێر بۆ رایی کردنی کاروباری پارێزگای هەولێر بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت رەسول عەلی، کرایە ئەندامی ئەو لیژنەیەو ئەرکەکەی سەرپەرشتی کردنی دام و دەزگاکانی حکومەت بوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢، پاش کۆچی دوایی عومەر مستەفا کە لە شەقلاوە لێپرسراوێتیی دادگای باڵای شۆڕشی لە ئەستۆ گرتبوو، تا دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دادگای باڵای شۆڕش بە فاروق جەمیل سپێردرا.

پاش رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کوردستانی بەجێ هێشت و لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم بە بریکاری وەزارەتی داد دامەزرا. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، لێپرسراوێتیی وەزارەتی دادی لە کابینەی پێنجەم گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٩ گەڕایەوە سەر کاری پارێزەری.

بابەتی پەیوەندیدار:

* یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان.

## فاروق عەلی مەولود



پێشمەرگەی دێرین و جێگری فەرماندەی تیپ و کاندید بۆ وەرگرتنی فەرماندەیی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی داربەسەری دەشتی کۆیە. خوێندنی سەرەتایی لەگوندی ئیلنجاغی گەورەی سەر بە ناحیەی تەقتەق و ناوەندیی لەکۆیە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ دوا بە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی ئاگربڕی چوار ساڵەی نێوان کوردو حکومەتی عیراق، باوکی بۆتە پێشمەرگەو ماڵو منداڵەکانی لەگەڵ خۆیدا بردۆتە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق. لە ساڵی ١٩٧٥دا پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، خێزانەکە ئاوارەی ئێران بووە. تەنانەت پاش گەڕانەوەش بۆ عیراق، خێزانەکە هەر بە ئاوارەیی مایەوە چونکە بۆ شاری دیوانیەی باشوری عیراق دور خرایەوە.

فاروق نزیکەی ساڵێك بە دورخراوەیی لە دیوانیە ژیا. هەر ئەوەندە لە ساڵی ١٩٧٦دا سزای دورخراوەییەکەی لەسەر لابراو رێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەهۆی عەلی سالحەوە کەکادیرێکی پێشکەوتوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرد. لەو ماوەیەدا وەك کادیرێکی هەڵسوڕاوی بواری رێکخستن لەدەشتی کۆیە کاری کردو جموجوڵێکی زۆری نواند.

ساڵی ١٩٧٧ دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس شاڵاوێکیان لە دژی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی

رەنجدەران لە هەولێر بەرپا کرد. لەم شاڵاوەدا فاروق دەستگیر کراو برایە دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوک. لەوێ بەزیندانیی هەمیشەیی حوکم دراو بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب رەوانە کرا. ساڵی ١٩٧٩ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کراو هەر ئەو ساڵە، چوار مانگ پاش ئازادکردنی، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە کەرتی دەشتی کۆیەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٨٠ گوێزرایەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی لە ناوزەنگ.


ساڵی ١٩٨١ پاش بەشداربونی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەران، کرایە کادیر لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو دواتریش بووە رابەری سیاسیی هەرێمەکە. ساڵی دواتر بەشداریی لەکۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەدا کرد.

ساڵی ١٩٨٣ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەرانەتیو ساڵی ١٩٨٤ بۆ دەشتی هەولێر گواسترایەوە و کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد. لە ساڵی ١٩٨٧دا بڕیار درا بکرێتە فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەڵام بەر لەوەی لێپرساوەتییەکە وەرگرێ، لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی تەقتەق لە٢٩ی ئایاردا بە سەختی بریندار بوو و بە پەلەپروزێ گەیەنرایە نەخۆشخانەی بالیسان بەڵام لەبەر سەختیی برینەکەی بەپەلە رەوانەی نەخۆشخانەی سینا کرا لە شاری تەوریز لە ئێران بۆ چارەسەر. دوای سێ مانگ نەخۆشخانەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ کوردستان بەڵام نالەباریی باری تەندروستیی، ناچاری کرد بۆ ماوەیەك دابڕێ. ساڵی ١٩٨٨ لە شاری سەقز گیرسایەوە. ساڵی دواتر لە بەشی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە تاران کاری کردو هەر ئەو ساڵە بۆ تەواوکردنی چارەسەر، رەوانەی ئەڵمانیا کرا. جگە لە برینداربونە سەختەکەی لە ساڵی ١٩٨٧ لە تەقتەق، پێشتریش لە ساڵی ١٩٨٠ لە گوندی قەڵاسنج لە سنوری قەزای شەقڵاوە بریندار ببوو.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردو پاش پێکەوەنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، کرایە یاریدەدەری فەرماندەی قوڵی هەولێر. لە ساڵی ١٩٩٣ راژەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر گوێزرایەوەو پلەی رائیدی پێ دراو لە ساڵی ١٩٩٦ دا بەشدار بوو لە خولی ئەفسەران لە قەڵاچوالان.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

## فازل قەساب



هونەرمەند و کادیری راگەیاندن. ناوی تەواوی فازل عەبدوڵڵا عوسمان حەسەن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٦٦ خوێندنی سەرەتاییو ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. هەر لەو ساڵەدا بۆتە ئەندامی تیپی نواندنی سلێمانیو لە ساڵی ١٩٧١ دا بۆتە خوێندکاری بەشی شانۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا. لە ساڵەکانی خوێندنی لە بەغدا، لە رادیۆی کوردیی بەغدا دامەزراوەو وەك ئەکتەرو دەرهێنەر و بێژەر کاری تێدا کردووە و دوو بەرنامەشی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک ئامادە و پێشکەش کردووە،

به ناوی «بەرنامەی ئارەزوومەندان» کە ئامادەی کردووەو خۆیشی پێشکەشی کردووە، ئەوی تر بە ناوی «بەرنامەی شیعرو شاعیر» کە پێشکەشی کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لە کاتێکدا کە لە قۆناغی سێیەمی خوێندنیدا بوو، وازی لە خوێندن هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. لەو ماوەیەدا سەرەتا لەگۆڤاری «دەنگی پێشمەرگە» کاری کردو دواتر وەك دەرهێنەرو پەیامنێر بۆ رادیۆی دەنگی کوردستانی عیراق کاری کرد.

ساڵی ١٩٧٥، دوا بە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانیو هەر ئەو ساڵە چۆوە بەغداو لەپۆلی سێی پەیمانگاوە درێژەی بەخوێندن داو گەڕایەوە سەر کاری پێشوی لە رادیۆی کوردیی بەغدا، بەڵام زۆری نەبرد گوازرایەوە بۆ دیوانی وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندنی عیراق و پاشان بۆ کتێبخانەی ناوەندی.

ساڵی ١٩٧٧ بڕوانامەی دپلۆمی لە بواری دەرهێنانی شانۆیی وەرگرت و هەر ئەو ساڵە چووە ئیتالیا بە مەبەستی خوێندنی باڵا. بەڵام لە سەردانیدا بۆ وڵات، سەفەری لێ قەدەغە کرا چونکە راپۆرتەکانی کە لەدەرەوەی وڵات لەسەری نوسرا بون و بۆ دەزگا ئەمنییەکان نێردرا بون، پێیان باش نەبوو رێی پێ بدرێ بگەڕێتەوە بۆ ئیتالیا. ساڵی دواتر، وەك راهێنەری هونەری لە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی خوێندنگەکانی سلێمانی دامەزرا. ساڵانی ١٩٨٠ - ١٩٨٢ بووە بەڕێوەبەری هونەریی تیپی نواندنی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ماوەیەك لە توژەڵە لە بارەگای دەزگای ناوەندیی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کرد.

هەر ئەو ساڵە لە رێی ئێرانەوە چوو بۆ سوید. ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە بەرگەڵوو گیرسایەوە. لەوێ لەدەزگای راگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کاری کردو ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رۆژنامەی «رزگاری»ی پێ سپێردرا کە ئۆرگانی یەکێتیی شۆڕشگێران بوو. لەو ماوەیەدا بووە ئەندام لە یەکێتیی نوسەرانی کوردستان و یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفال لە دۆڵی جافەتی، لەگەڵ دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا چوو بۆ زەڵێو پاشان لەوێوە چوو بۆ شاری سەقز و لەوێ گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩٠ لێپرسراوەتیی سەرنوسەریی گۆڤاری «رەنگاڵە»ی ئۆرگانی کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی گرتە ئەستۆو دوو ژمارەی دەرکرد. ساڵی ١٩٩١ ئێرانی بەجێ هێشت و لە بریتانیا گیرسایەوە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٧ ـ ٢٠٠٠ لێپرسراوێتیی سەرنوسەری چاپی ئەوروپای هەفتەنامەی «کوردستانی نوێ»و رۆژنامەی «مەناری کوردی»ی بە زمانی عەرەبی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠١ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە بارەگای مەکتەبی راگەیاندن بە پلەی ئەندامی مەکتەب کاری کرد. ساڵی ٢٠٠٢ لە ژمارە ٢٧ وە بووە سەرنوسەری گۆڤاری «پشووی کوردستانی نوێ»و تا ژمارە ٣٧ کە دوایین ژمارەی گۆڤارەکەیەو لەکانونی یەکەمی ٢٠٠٢ دەرچووە، لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو. ساڵی ٢٠٠٣ کرایە بەڕێوەبەری تەلەفزیونی «حورییە» لە بەغداو تا تشرینی دووەمی ئەو ساڵە ئەرکەکانی خۆی لەوێ بە رێکوپێکی بە ئەنجام گەیاند.

بابەتی پەیوەندیدار:

* رەنگاڵە (گۆڤار).


*پشووی کوردستانی نوێ (گۆڤار).

# فازل کەریم ئەحمەد



پێشمەرگە و ئەندامی دێرینی سەرکردایەتیو لێکۆڵیار. ناسراو بە مامۆستا جەعفەر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی عەلی ئاغای قۆرەتووی قەزای خانەقین. لە قۆرەتوو خراوەتە بەر خوێندن و لەوێ قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە خانەقین تەواو کردووەو ساڵی ١٩٧٢ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٠ دەست پێدەکا، کاتێك لەو ساڵەدا دەبێتە ئەندامی ناوچەی خانەقینی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و لەرێی ئەم رێکخراوەوە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکاو دەبێتە ئەندامی ناوچە. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەر یەك لە مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، عەلی شامارو سەلام عەبدولڕەزاق کۆمیتەیەکی بە ناوی هەرێمی باوەڕەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە پێکهێنا. هەر ئەو ساڵە، دوا بە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا کرایە مامۆستا. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە سەر خوێندن و فریای تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ کەوت، بڕوانامەی دبلۆمی لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بەدەستهێناو هەر ئەو ساڵە لەگوندی بارێی گەورەی




ناوچەی سیوەیلی شارباژێر بە مامۆستا دامەزرا.

ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هەر یەك لە عیماد ئەحمەد، سادق شەریف، موحسین عەلی ئەکبەرو دڵشاد هەولێری کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی پێشڕەوەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی بەغداو خانەقین پێکهێنا. ئەم کۆمیتەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی خوێنی شەهیداندا رێکخراوی هەڵۆی سوری بە ڕابەرایەتیی جوامێر سایەمیر پێکهێنا. لەو قۆناغەدا دەستێکی باڵای لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕانەدا هەبوو، بە تایبەتی کە ئەو، بە بەراورد لەگەڵ هاوڕێکانیدا، پاشخانێکی دەوڵەمەندتری تیۆریو رۆشنبیریی شۆڕشگێڕانەی هەبووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٧٨ وەك کادیر ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی گەرمیانی گرتە ئەستۆ. لە

کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لەگوندی نۆکان لەگەڵ ٨ کادیری دیکەدا بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش کۆبونەوەکە لەگەڵ هەریەک لە نەوشیروان مستەفا و ئازاد هەورامی بوە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٧٩ کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لێپرسراوەتیی دەزگای راگەیاندنی پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی کردو لەهاوینی ئەو ساڵەدا لە ژمارە ٥ بەدواوە ئەرکی دەرکردنی هەر یەك لە بڵاوکراوەی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق»و گۆڤاری «کۆمەڵە»ی گرتە ئەستۆ. سەرباری نوسینە سیاسیو فیکرییەکانی کە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە، تویژینەوەیەکیشی بە ناونیشانی «چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جەنگی پارتیزانی» دەربارەی بنەماکانی شەڕی پێشمەرگانە هەیەو کۆمەڵە چیرۆکێکیشی لە ژێر ناونیشانی «خۆرگیران» بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی ١٩٨١ لە سۆنگەی پەرەسەندنی ململانێ ناوخۆییەکانەوە، لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان خۆی بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی سەرکردایەتی کاندید نەکردو هەمان ساڵ کوردستانی بەجێ هێشت و لە ئەڵمانیای رۆژئاوا گیرسایەوە. لەو قۆناغەدا زۆربەی کاتی خۆی بۆ نوسین و لێکۆڵینەوە تەرخان کردوە. ساڵی ١٩٩١ تێزێکی بە ناونیشانی «شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کورد لە نێوان کەلتوری عەشیرەتگەریو خۆنوێکردنەوەی سیاسیدا» پێشکەش بە زانکۆی گیۆرگ ئۆگۆست کردو بروانامەی ماجستیری پێ وەرگرت.

ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان. ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی مەکتەبی بیرو هۆشیاریی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٦ گۆڤار «نۆڤین»ی وەك گۆڤارێکی فیکریی روناکبیری دەرکرد و تا ژمارە ١٤ سەرنوسەری بوو. ساڵی ٢٠٠٨ کتێبی «مێژوی بیری سیاسیی کورد» ی بڵاوکردەوە کە بایەخێکی تایبەتی بۆ بەدواداچونی رەگ و ریشەی بیری سیاسیی کورد هەیە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا بە رەزامەندیی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، قەوارەیەکی بە ناوی بزوتنەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان پێکهێنا بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی پێکهاتەکانی ترو بەهێزکردنی پێگەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا. بەڵام بزوتنەوەکە ئامانجە خوازراوەکانی پێ نەهاتە دی.

ساڵی ٢٠١٢ کرایە لێپرساوی ناوەندی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، لە پارێزگای سلێمانی لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاندید کرا بەڵام دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا.

ساڵی ٢٠١٩ بیرەوەرییەکانی خۆی لە دوتوێی کتێبێکی ٤٤٠ لاپەڕەیی قەبارە بچوکدا بە ناونیشانی «بە خەونی گەورەوە کەوتینە رێ» بڵاو کردەوە. کتێبەکە بایەخێکی زۆری بۆ تێگەیشتنی روداوەکان بە شێوەیەکی وردترو لە گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە هەیەو لەم سەروبەندەدا لە پێشەکیی کتێبەکەدا نوسیویەتی «من دەمەوێ ئەزمونی قۆناخێك بخەمە بەرچاوی خوێنەران، لاپەڕە شاراوەکانی ئەو مێژووە لە بەردەست بێت، دەرگا داخراوەکان بۆ نەوەی نوێ بخرێنە سەر پشت بە ئومێدی ئەوەی ملی ئەو رێگایە نەگرن کە ئێمە گرتمان و رێگایەکی راستترو مۆدێرنتر بۆ خۆیان هەڵبژێرن چونکە سەردەمەکە زۆر جیاوازە».

بابەتی پەیوەندیدار:

*نۆڤین (گۆڤار).

## فاقه‌ مه‌خموری*



فه‌رمانده‌. ناوی ته‌واوی فاروق حسێن عه‌بدوڵڵا. له‌دایكبوی ساڵی ١٩٦٢ی شاری مه‌خمور. له‌ ڕوی خوێندنه‌وه‌ ئاماده‌یی كشتوكاڵی ته‌واو كردووه‌.

ساڵی ١٩٨٠ په‌یوه‌ندیی به‌ ڕێكخستنه‌كانی كۆمه‌ڵه‌ی ڕه‌نجده‌رانی كوردستانه‌وه‌ كردوه‌و پاش دوو ساڵ بووه‌ته‌ پێشمه‌رگه‌ له‌ سنوری هه‌رێمی ٨ی ده‌شتی هه‌ولێر . ساڵی ١٩٨٣ كراوه‌ته‌ فه‌رمانده‌ی مه‌فره‌زه‌ له‌كه‌رتی ٤ی كه‌ندیناوه‌ له‌ تیپی ٨٦ی ده‌شتی هه‌ولێر. له‌ كۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا پله‌ی جێگری فه‌رمانده‌ی كه‌رتی ١ی شه‌هید كاوه‌ مه‌خموریی له‌ تیپی ٨٧ی قه‌ره‌چوغ پێ دراوه‌. به‌هۆی ئازایه‌تی‌و لێهاتوییه‌وه‌، له‌ ساڵی ١٩٨٦دا كرایه‌ فه‌رمانده‌ی كه‌رتی ٢ی شه‌هید ئه‌حمه‌د قه‌مبه‌ری له‌ هه‌مان تیپ. له‌و ماوه‌یه‌دا به‌شدارییه‌كی كارای له‌ زۆربه‌ی چالاكییه‌كانی تیپه‌كه‌دا كردوه‌.

له‌ ژیانی پێشمه‌رگایه‌تیدا سه‌رباری به‌شداریی كارای له‌ چالاكییه‌كانی تیپی ٨٧ی قه‌ره‌چوغ، به‌شداریی له‌ ژماره‌یه‌كی زۆری شه‌ڕو ئۆپه‌راسیونه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی ده‌شتی هه‌ولێردا كردووه‌ له‌وانه‌ ئۆپه‌راسیونی گرتنی بێتواته‌ (١٩٨٣)، ئۆپه‌راسیونی گرتنی زنجیره‌ ره‌بیه‌كانی سه‌ر ڕێگای كۆیه‌- هه‌ولێر (١٩٨٥)، شه‌ڕه‌كانی قه‌یوان- ماوه‌ت و ئۆپه‌راسیونی موشه‌كباران كردنی دامه‌زراوه‌ نه‌وتییه‌كانی كه‌ركوك (١٩٨٦)، شه‌ڕی گوندی شێخ شه‌روان و شه‌ڕی ته‌له‌لخێم (١٩٨٦)، ئۆپه‌راسیونه‌كانی گرتنی هه‌ردوو شارۆچكه‌ی هیران و ته‌قته‌ق له‌ ساڵی ١٩٨٧، ئۆپه‌راسیونی گرتنی سه‌ری ره‌ش (١٩٨٨)و شه‌ڕه‌كانی سنوری مه‌ڵبه‌ندی ٣ له‌ كاتی به‌ڕێوه‌چونی ئه‌نفاله‌كانی ٥و٦و٧ له‌ ساڵی ١٩٨٨. له‌ ژیانی پێشمه‌رگایه‌تیدا چوار جار بریندار بووه‌.

له‌ ڕاپه‌ڕینی ساڵی ١٩٩١دا رۆڵێكی كارای گێڕاو به‌شدار بوو له‌ رزگاركردنی شاری رانیه‌. دواتر له‌گه‌ڵ هێزێكی گه‌وره‌دا به‌ره‌و هه‌یبه‌ت سوڵتان و شه‌قڵاوه‌ رۆیی. پاش رزگاركردنی شه‌قڵاوه‌و كۆیه‌، پێی راسپێردرا له‌ قۆڵی ده‌ربه‌ندی گۆمه‌سپان به‌ره‌و هه‌ولێر هه‌ڵكشێ. له‌ گۆمه‌سپان روبه‌ڕوی تانكه‌كانی سوپای عیراق بۆوه‌. له‌١١ی ئازاردا به‌شداریی له‌ ئۆپه‌راسیۆنی رزگاركردنی هه‌ولێردا كردو له‌ ناو شار هێزه‌كه‌ی له‌گه‌ڵ مه‌فره‌زه‌كانی رێكخراوی بروسك و باران یه‌كی گرته‌وه‌. له‌ هه‌ولێره‌وه‌ فه‌رمانده‌یی هێزێكی كردو روی له‌ مه‌خمور كرد. زۆری نه‌برد له‌١٢ی ئازاردا هێزه‌كه‌ی پاش تێكشكاندنی هێزه‌كانی عیراق له‌ ناوچه‌كه‌، مه‌خمورو كه‌ندیناواو قه‌راجی رزگار كردو له‌م سه‌روبه‌نده‌دا لێپرسراوه‌تیی هه‌موو ناوچه‌كانی باشوری هه‌ولێری له‌و ماوه‌یه‌دا پێ سپێردرا.

له‌ قۆناغی دوایی راپه‌ڕیندا، له‌ نیسانی ١٩٩١دا به‌شدارییه‌كی كارای له‌ شه‌ڕی كۆڕێ كرد كه‌ هێزی پێشمه‌رگه‌ تێیدا پێشڕه‌ویی سوپای عیراقی له‌ پارێزگای هه‌ولێر راگرت و كۆڕێی كرده‌ سنوری نێوان ده‌سه‌ڵاتی هێزه‌كانی عیراق و ده‌سه‌ڵاتی هێزی پێشمه‌رگه‌.

له‌و ماوه‌یه‌دا كرایه‌ جێگری فه‌رمانده‌ی به‌تالیۆنی ١٧ی قه‌ره‌چوغ كه‌ ره‌فعه‌ت عه‌بدوڵڵا پیرداوود فه‌رمانده‌ی بوو. دواتر لێپرسراوه‌تیی به‌تالیۆنه‌كه‌ی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٢ كرایه‌ فه‌رمانده‌ی هێزی قه‌ره‌چوغ و له‌گه‌ڵ پێكهێنانی حكومه‌تی هه‌رێمی

کوردستاندا بووه فەرماندەی فەوجی دوی پاراستنی هەولێر بە پلەی موقەددەم. ساڵی ١٩٩٤ بۆ ماوەیەك بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبەری ئاسایشی ئاکرێی گرتە ئەستۆو هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی لیوای تایبەتی رۆژهەڵات.

لە کاتی شەڕی ناخۆدا رۆڵێکی کارای لە پاراستنی هەولێرو دەوروبەریدا هەبوو. لە کانونی دووەمی ١٩٩٤دا بەگرتنی حەسارۆك و کەسنەزان لە دەوروبەری هەولێر، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. لە٢٧ی ئازاری ١٩٩٥دا لە شەڕێکی دژواردا لە کەسنەزان لە ڕۆژهەڵاتی هەولێردا شەهید کرا.

## فایق گوڵپی



پێشمەرگەی دێرین و پزیشکی شۆڕش و سیاسەتمەدار. ناوی تەواوی فایق محەمەد ئەحمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی گوڵپ لە ناوچەی هەورامان. باوکی لە ساڵی ١٩٦٣دا لە شەڕی پردی زەڵم شەهید بووە. دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەگوڵپ، هەردوو قۆناغی ناوەندیو ئامادەیی لە هەڵەبجەو سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥ لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی موسل وەرگیراوە. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٨٢ لەگوندی هاواری ناوچەی هەورامان چووە ریزی هێزی پێشمەرگەوەو دواتر چوە ناوچەی سەرکردایەتی، لە نەخۆشخانەی دکتۆر بەختیار خالید لەگوندی قوڵە هەرمێ گیرسایەوەو وەك پزیشك کاری تێدا کرد. هەر ئەو ساڵە، دوا بەدوای پێکهێنانی مەڵبەندەکان، گوێزرایەوە بۆ سنوری مەڵبەندی دوو و لەگوندی سەرگەڵوی دۆڵی جافەتی نەخۆشخانەی داناو تێیدا خزمەتی هاووڵاتییانو پێشمەرگەی کرد.

ساڵی ١٩٨٤ دوا بە دوای دەستپێکردنی وتوویژ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراقدا، نەخۆشخانەکەی بۆ سورداش گواستەوەو بە هاوکاریی پزیشکە پسپۆڕەکانی شاری سلێمانی، چارەسەری نەخۆشەکانی دەڤەری سورداش و دۆڵی جافەتیو هێزی پێشمەرگەی کرد. هەر لەو ماوەیەشدا خۆیو سێ پزیشکی هاوڕێی بۆ ماوەی حەوت مانگ لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی خولێکی نەشتەرگەرییان بینی.

ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ شکستی وتوویژو دەستپێکردنەوەی شەڕ، لەگوندی کانی دڕکەی سنوری شارباژێر نەخۆشخانەیەکی دیکەی دانا. دوای گواستنەوەی بارەگای مەڵبەندی دوو بۆ ناوچەی قەرەداغ، نەخۆشخانەکەی بۆ گوندی سێوسێنانی ناوچەی قەرەداغ گواستەوە. بەڵام لەبەر بۆردومانی فڕۆکەو تۆپباران کردنی ناوچەکە، نەخۆشخانەکە بۆ بناری قۆپی قەرەداغ گوێزرایەوە. تا شاڵاوی دووەمی ئەنفال لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەدا بەرپرسی بەشی تەندروستیی مەڵبەندی یەك بووەو زۆرترین خزمەتی پێشکەش بە پێشمەرگە و هاووڵاتییانی سنوری قەرەداغ و گەرمیان کردووە. لە هەلومەرجی جەنگی کیمیاییدا لەگەڵ پزیشکەکانی تردا رۆڵێکی کاریگەری لە چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیاییدا لە سنوری قەرەداغ گێڕاوە.

ساڵی ١٩٨٨ کاتێك هێزەکانی مەڵبەندی یەك بۆ چیای قەندیل کشانەوە، ئەو لە سنوری مەڵبەندی سێ مایەوەو لە نەخۆشخانەکانی خەتێو مەلەکان

چارەسەری بریندارانی چەکی کیمیایی کرد. هەر ئەو ساڵە، پاش کیمیاباران کردنی هەڵەبجە چووە ئێران و لەوێ ئۆردوگای ئاوارەکانی هەڵەبجەی بەسەر کردەوە، بۆی دەرکەوت دایکیو برایەکیو خێزانی براکەیو منداڵەکەیان و چەند خزم و کەسێکی نزیکی لە بۆردومانی کیمیایی هەڵەبجەدا شەهید بون.

ساڵی ١٩٨٩ بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرەنسێك دەربارەی چەکی کیمیایی، بڕیار درا بنێردرێ بۆ شاری بێرن لە سویسراو بەپێی بەرنامەکە وا دانرابوو لە ئەوروپا بمێنێتەوەو لە سویسرا نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بکات. بەڵام بە هۆی هەندێ تەگەرەوە، سەفەرەکەی سویسرا سەری نەگرت. بۆیە لە ئیتالیاوە گەڕایەوە بۆ ئێران و لەوێوە لە ناوچەکانی سەر سنور گیرسایەوە.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بە کارگێڕی مەڵبەندی یەکی ریکخستنی سلێمانی دانراو لە ساڵی ١٩٩٢دا لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٩٦ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو پەیوەندیی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دامەزراند. ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی ماستەری لە بواری نەشتەرگەریی گشتیدا بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠١ بۆ ماوەی هەشت مانگ کرایە بەڕێوەبەری تەندروستیی شاری سلێمانی. لەم ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی گرژیی تێکەوت و بوە مایەی دورخستنەوەی لە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی سلێمانیو لێ سەندنەوەی ئەندامێتیی پەرلەمان.

ساڵی ٢٠٠٢ لەگەڵ ژمارەیەك لە بنەماڵەی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆمەڵەی بەگژاچونی چەکی کیمیایی هەڵەبجەی دامەزراندو تا ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکایەتیی کرد.

ساڵی ٢٠٠٤ لە کۆنگرەی دووەمی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان کە لە بەغدا بەسترا، بە سەرۆکی حزبەکە هەڵبژێردراو تا ساڵی ٢٠٠٨ سەرۆکایەتیی کرد. لە کۆنگرەی چوارەمدا وەك پابەندبون بە پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکە کە رێی نەدەدا هیچ کەسێك لەدوو جار زیاتر سەرۆکایەتیی حزب بکا، خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی حزب نەپاڵاوت بەڵام وەك ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی پەیوەندییەکانی حزب.


ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان هێناو تا ساڵی ٢٠١٣ لە ریزی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستاندا وەك ئەندام هەڵسوڕا.

ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی MRCSی لە کۆلیجی شاهانەی پزیشکی ئەدینبەرەی بریتانیا وەدەست هێناو دواتریش وەك پزیشکێکی پسپۆری خۆبەخش لە نەخۆشخانەکانی فێرکاریو فریاکەوتن کاری کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پزیشکی شۆڕش.

## فوئاد مەعسوم



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی کۆماری عیراق لە ساڵانی ٢٠١٤ -٢٠١٨.

لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٨ی شاری کۆیە. باوکی، مەلا مەعسوم، کەسایەتییەکی ئاینیی ناسراوو بەرچاوڕون و کراوەی کۆیە بوو، لە مزگەوت وانەی

ئاینیی بە فەقێکان وتۆتەوە. فوئادی کوڕی، بەر لەوەی بخرێتە بەر خوێندن لە خوێندنگەی حکومی لەکۆیە، ساڵێك لە حوجرە خوێندویەتی.


سەرەڕای پێشینەی ئاینیی، لە سەرەتای گەنجێتیدا بیروباوەڕی کۆمۆنیزم زۆر سەرنجی راکێشاوەو لەو ماوەیەدا لایەنگری پارتی کۆمۆنیستی عیراق بووە بەڵام هەرگیز نەبووە بە ئەندامی ئەم حزبە. ساڵی ١٩٥٨ لە بیروباوەڕی کۆمۆنیزم دور کەوتەوەو ڕێبازی کوردایەتیی هەڵبژارد. هەر لەو ساڵەشدا بۆ خوێندن لە زانکۆی ئەزهەر چوو بۆ میسر.

لە زانکۆی ئەزهەر لە کۆلیجی شەریعە و یاسا وەرگیراو پاش چوار ساڵ خوێندنی لەوێ تەواو کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرت. ساڵی ١٩٦٢ بۆ خوێندنی باڵا روی لە زانکۆی عێن شەمسی قاهیرە کردو لە بەشی فەلسەفە دەستی بە خوێندن کرد بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماجستیر. لەو ماوەیەدا هەم خەریکی خوێندن بوو هەم خەریکی کارکردن بوو لە رادیۆی کوردیی قاهیرە کە لە ژێر سەرپەرشتیی حکومەتی میسردا بوو.

ساڵی ١٩٦٥ شەوکەت عەقراوی بە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە قاهیرە دانراو لەم سەروبەندەدا مەعسوم کرایە جێگری. ساڵی ١٩٦٦ لە کاتی لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتیوانیی لە باڵی مەلایی کرد.

ساڵی ١٩٦٧ بڕوانامەی ماجستێری فەلسەفەی بەدەست هێنا. تێزی لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی گروپی ئیخوانولسەفا بوو کە گروپێکی فەلسەفییە، لەسەدەی دەیەم لە بەسرە دەرکەوتووەو ئەندێشە فەلسەفییەکانی تێکەڵەن لە بیری ئیسلامیو یۆنانی.

ساڵی ١٩٦٨ گەڕایەوە بۆ عیراقو لە زانکۆی بەسرە بە مامۆستا دامەزرا. لە ساڵی ١٩٧٢دا مۆڵەتی خوێندنی دکتۆرای لە زانکۆ وەرگرت و




گەڕایەوە بۆ میسر. هەر ئەو ساڵە کرایە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە قاهیرەو تا هەرەس هێنانی شۆڕش بەردەوام بوو لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە.

ساڵی ١٩٧٥، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش دوا بە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران، لەگەڵ تاڵەبانی بەشدارییەکی کارای لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو لەو ٤ کەسە بوو کە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتییان لە٢٢ی ئایاردا لە دیمەشق بڵاوکردەوە. لەو ماوەیەدا میسری بەجێ هێشت و لە سوریا نیشتەجێ بوو و لەگەڵ تاڵەبانیو ئەندامانی تری دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرقاڵی ڕێکخستنی کاروباری ڕێکخراوە تازەکە بوو. لەم سەروبەندەدا بەشدارییەکی کارای لە دەرکردنی

ژمارەکانی خولی یەکەمی رۆژنامەی شەرارەدا کردو دواتریش ئەرکی سەرنوسەری گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٧٨، لەگەرمەی شۆڕشی ئێراندا لە دژی رژێمی شا، لەگەڵ عادل مورادو ئەحمەد بامەڕنی بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، لەگەڕەکی لوڤێلۆ شاتۆ سەردانی ئایەتوڵڵا خومەینیی کردو پشتیوانیی یەکێتیی بۆ شۆڕشی ئێران پێ راگەیاند. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرکردەو کادیرەکانی یەکێتیدا لەوانە عومەر شێخموس و دکتۆر کەمال خۆشناو، چوو بۆ تورکیاو لەوێوە بە رێگەی قاچاخ لە سنوری نێودەوڵەتیی تورکیا - ئێران پەڕییەوەو بە ناو ئێراندا خۆی گەیاندە گوندی ناوزەنگ کە بارەگای تاڵەبانیو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی لێ بوو.

ساڵی ١٩٨٠ لێپرسراوەتیی یەکەم ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە تارانی پایتەختی ئێران پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٢ پشتگیریی پرۆژەی یەکگرتنەوەی باڵی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی کرد. لەم سەروبەندەدا بووە ئەندامی سەرکردایەتیی کاتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەگوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی لە ساڵی ١٩٨٣، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش دەست لەکارکێشانەوەی تاڵەبانی لەپۆستی سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان، مەعسوم لە جێی تاڵەبانی بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

لە کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە ساڵی ١٩٨٤ لە مێرگەپان بەسترا، بەسکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان هەڵبژێردرایەوە. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە چەند خولێکی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا کرد. پاش بە ئاکام نەگەیشتنی وتووێژەکەو دەستپێکردنەوەی شەڕ، لە هاوینی ١٩٨٥ دا سەرۆکایەتیی شاندێکی یەکێتیی کرد بۆ ئێران و کاری بۆ هێنانە دیی هەماهەنگی کرد لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دژی رژێمی بەعس.

ساڵی ١٩٨٧ بەشدارییەکی کارای لەو هەوڵو کۆشش و گفتوگۆیانەدا کرد کە لە بەرەنجامی کۆتاییدا پێکهێنانی بەرەی کوردستانییان لێ کەوتەوە. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیو پاش کۆنگرە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردراو دواتر ئەوەی پێ راسپێردرا کە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێك بێنێ. لە١٧ی ئازاری ١٩٩٣ دەستی لەکار کێشایەوەو لەم سەروبەندەدا کۆسرەت رەسول عەلی راسپێردرا دووەم کابینەی حکومەتی هەرێم پێك بێنێ.

ساڵی ٢٠٠٠ پێشنیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوەندی کرد تاکو لە ناو حزب رۆڵی دەزگایەکی چاودێر بگێڕێو لەم بوارەدا چەند کۆڕو سیمینارێکی بۆ بانگەشەکردن بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی پێشنیارکراو ساز کرد.

لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١، لەسەر پێشنیاری تاڵەبانی کە داوای لەکۆنگرە کردبوو متمانە بە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر ببەخشنەوە، بە هەڵبژاردنی راستەوخۆ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەڵبژێردرایەوە. سەبارەت بە ئەنجومەنی ناوەندیش، کۆنگرە پێشنیاری پێکهێنانی ئەنجومەنەکەی پەسند

کردو داوای لەسەرکردایەتیی تازە کرد پاش تەواوبونی کارەکانی کۆنگرە، بە شێوەیەکی ئەزمونی پێکی بهێنێ.

پاش روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، رۆڵێکی بەرچاوی لە رێکخستنی پەیوەندییەکانی کورد لە بەغدادا گێڕا. لە ئابی ئەو ساڵەدا بە سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دەستوریی عیراق هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٤ بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی عیراق هەڵبژێردرا کە لەو قۆناغە راگوزەردا رۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی دیوە. لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی بەرچاوی لەنوسینی دەستوری عیراقدا کردو لەم بەشداریکردنەدا هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی مافی کورد چڕ کردەوە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە ئەندامی ئەنجومەن لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی هەڵبژێردراو دواتر سەرۆکایەتیی فراکسیونی هاوپەیمانیی کوردستانی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٩ دیسان لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرایەوەو ئەمجارەش لێپرسراوەتیی سەرۆکی فراکسیونی هاوپەیمانیی کوردستانیی پێ سپێردرایەوە.

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠، خۆی بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵنەبژارد، بەڵکو خۆی بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژاردو زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا.

لە تەموزی ٢٠١٤دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوی ئەوو دکتۆر بەرهەم ساڵحی وەك دوو کاندیدی پۆستی سەرۆکی کۆمار پێشکەش بە فراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کردو داوای کرد یەکێکیان بۆ پۆستەکە هەڵبژێردرێ. بەم پێیە، دوای ئەوەی کە دکتۆر فوئاد مەعسوم زۆرینەی ٣٠ دەنگی (بەرامبەر بە ٢٣ دەنگ بۆ دکتۆر بەرهەم ساڵح و ٢ دەنگی پوچەڵ) بەدەست هێنا، بووە کاندیدی کورد بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار.

لە٢٤ی تەموزدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە سەرۆکی کۆماری عیراق هەڵیبژارد. دەم و دەست لەگەڵ هەڵبژاردنی بە سەرۆکی کۆمار، روبەڕوی گەورەترین کێشەی سیاسیی ئەو کاتەی عیراق بۆوە، کە کێشەی کاندیدکردنی کەسێکی شیاو بوو بۆ پۆستی سەرەك وەزیران. کێشەکە لەوەدا بوو کەزۆربەی گروپە سیاسییەکانی عیراق دژی کاندید کردنەوەی سەرەك وەزیران نوری مالیکی بون، لە کاتێکدا لیستی «دەوڵەتی یاسا»ی مالیکی لە هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا بوو. لە هەنگاوێکدا کەگوزارشت لە ئازایەتی و دلێری دەکا، دکتۆر مەعسوم بەپێی دەستور حەیدەر عەبادیی کاندیدی هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەکانی راسپارد حکومەتی تازە پێك بێنێ. ئەم راسپاردنە بە سەرەتای کۆتایی هاتنی قەیرانی پێکهێنانی حکومەت دادەندرێ. لە١٣ی ئابدا کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان مافی نوێنەرایەتی کردنی لیستی دەوڵەتی یاسای بە عەبادی دا و لە١٤ی ئابدا مالیکی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی وەزیران بوو.

لەو قۆناغەدا دکتۆر مەعسوم کەوتە گەڕ بۆ بەدی هێنانی ئاشتبونەوەی نیشتمانی لە ناوخۆداو چاککردنی پەیوەندییەکانی عیراق لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان.

بابەتی پەیوەندیدار:

* دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

* یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

## فولكەی زیندان (روداو)

روداوی گوللەباران كردنی شەش گەنجی شاری سلێمانی لە گۆڕەپانی گشتیی بەردەم زیندانی سلێمانی بە بەرچاوی خەڵكەوە لە لایەن رژێمی عیراقەوە لە ٩ی نیسانی ١٩٨٦.

پێشتر یەكەی پێشمەرگەكانی ناو شاری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەو شوێنەی كە پێی دەوترا فولكەی زیندان و لە ساڵانی پاشتردا پاركی دایكی لێ دروست كرا، دوو كارمەندی دەزگای ئاسایشی رژێمی عیراقیان لەناو بردبوو. لە بەرامبەردا هێزەكانی سوپا كەوتنە رەشبگیریی خەڵك و ژمارەیەكی زۆر هاووڵاتییان گرت. لە ٩ی نیسانی ١٩٨٦دا لە هەمان ئەو شوێنەی كە دوو كارمەندەكەی ئاسایشی لێ كوژرا بوو، شەش گەنجیان بە ناوی سۆران نوری عوسمان، هاوڕێ ئەكبەر، كەیوان عومەر محەمەد عەبدوڵڵا، مەولود رەشید فەرەج، هاوڕێ محەمەد قادرو بەختیار عەبدولسەتار كەریم گوللەباران كرد، ئەویش دوای ئەوەی كە بە زۆر ژمارەیەكی زۆر فەرمانبەری حكومەت و خوێندكاران و خەڵكی دەوروبەری شوێنی روداوەكەیان كۆكردەوەو بە بەرچاویانەوە تاوانەكەیان ئەنجام دا.

هیچ كام لە شەش گەنجەكە دەستیان لە روداوەكەدا نەبوو. پەیامی كاربەدەستانی حكومەتی عیراق ئەوە بوو كە بەرامبەر بە هەر چالاكییەكی پێشمەرگەكانی ناوشار، تۆڵە لە هاووڵاتییان دەكرێتەوە. مەبەستی دەزگا ئەمنییەكانی حكومەتی عیراق لە گوللەباران كردنی گەنجەكان لە گۆڕەپان و شەقامەكاندا بە بەرچاوی خەڵكەوە، بڵاوكردنەوەی ترس و تۆقاندن بوو لە ناو كۆمەڵگادا. هەوڵێكیش بوو بۆ زیادكردنی فشار لەسەر هێزی پێشمەرگەو یەكەی پێشمەرگەكانی ناوشار بۆ دانانی سنورێك بۆ چالاكییەكانی ناو شار.

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان گوللەباران كردنی هاووڵاتییانی لە مەیدانە گشتییەكاندا شەرمەزار كردو وتەبێژێكی فەرمی بە ناوی مەكتەبی سیاسییەوە وتی ئەم كردەوانە «كار لە وزەی شۆڕشگێڕانەی گەلەكەمان ناكەن و ناتوانن رادەیەك بۆ چالاكیی شۆڕشگێڕانی گەلەكەمان لە دژی داگیركەرانی كوردستان دابنێن، بەڵكو دەبنە هۆی ئەستوربونی رقی پیرۆزی شۆڕشگێڕان بەرامبەر بە رژێمی فاشیستی عیراق و كاربەدەست و نۆكەرەكانی».

لە لێدوانی وتەبێژە فەرمییەكەدا ناوی شەش گەنجە گوللەبارانكراوەكە هاتبوو بەڵام ناوی دووانیان بە هەڵە هاتبوو، تێیدا كەیوان عومەر محەمەد ببوو بە كەیوان محەمەد عەبدوڵڵا و ناوی هاوڕێ ئەكبەر ببوو بە هاوڕێ بەكر ئەحمەد. جگە لە ناوهێنانیان، وردەكاری دەربارەی ژیانی گەنجە گوللەبارانكراوەكان بڵاو نەكرابۆوە. لە لێدوانە فەرمییەكەدا هاتبوو كە تەمەنی شەش گەنجە گوللەبارانكراوەكە «لە ١٨ ساڵ كەمتر بووە» كە ئەمەش «بەپێی زۆربەی یاساكانی دەوڵەتانی دنیا حوكمی ئیعدام نایانگرێتەوە». بەڵام ئەو زانیارییانەی لەم بارەیەوە بڵاو كرانەوە، پێویستیان بەهەندێ وردبینی بوو چونكە لە ناو گەنجە گوللەبارانكراوەكاندا گەنجی بە تەمەن ١٩ ساڵ و ٢٥ ساڵ هەبوو. بەڵام، بەدڵنیاییەوە، ئەم هەڵەكردنە بە ئەنقەست نەبوە.

وتەبێژی فەرمی لە لێدوانەكەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە كرد كە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان «بەوپەڕی راستگۆیی و دڵسۆزییەوە» پابەند بووە بە پەیمانەكانی ساڵی ١٩٤٩ی ژنێڤ دەربارەی دیلەكانی جەنگ و مافی مەدەنییەكان، لە كاتێكدا كاربەدەستانی حكومەتی عیراق هەموو ئەو رێككەوتننامانەیان «پێشێل كردووە» و بە هیچ شێوەیەك «گوێیان نەداوەتە جێبەجێ كردنی بچوكترین و سادەترین

مافەکانی هاووڵاتییانی مەدەنیی کورد» و هەروەها نیشانی دا کە حکومەتی عیراق کەوتۆتە «لاسایی کردنەوەی» رەفتاری نازیستەکان لە جەنگی دووەمی جیهان بەتایبەتی «لە گوللەباران کردنی بارمتە هاووڵاتییە مەدەنییەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵك». وتەبێژی فەرمی داوای لە جیهان کرد «نارەزایی» دژی رەفتاری حکومەتی عیراق بەرامبەر بە مەدەنییەکان دەربڕێ، بەتایبەتی کە عیراق «لایەنێکی ئیمزاکەری پەیمانی» ژنێڤە. لە کۆتاییدا وتەبێژی فەرمی لە لێدوانەکەیدا رونی کردەوە کە لە ساڵانی ١٩٨٥و ١٩٨٦دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ٨٥٧ سەربازو چەکداری لە هێزەکانی عیراق بە دیل گرتووەو لەو ماوەیەدا ٣٦٠ دیلی بە پچڕ پچڕی بەرداوە، بەڵام ئەگەر رژێمی عیراق بەردەوام بێ لەسەر رەفتارەکانی بەرامبەر بە مەدەنییانی کورد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناچار دەبێ «مامەڵەی هەمچەشن» لەگەڵ دیلەکانی جەنگ بکات.

## پاشکۆ

### لێدوانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسی دەربارەی گوللەباران کردنی ٦ هاووڵاتی لە سلێمانی

لە ماوەی دە ساڵ خەباتی رابردوو، هەزاران کەس لە هێزە چەکدارەکانی رژێمی عیراق لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بە دیل گیراون، لە ناو ئەوانەدا دەیان ئەفسەری گەورەو بچوکی جەیش و شورتەو دەیان لێپرسراوی جەیشی ناشعبی و حزبی فاشیستی دەسەڵاتدارو فەرمانبەری ئەمن و ئیستخبارات و موخابەرات و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی تری رژێمیان تێدا بووە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە رابەری خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانە، لە رەفتار کردن لەگەڵ دیلەکانی دوژمن هەمیشە پەیڕەویی پەیماننامەکانی ژنێڤی دەربارەی دیلی جەنگ و ئەو رێوشوێنانە کردووە کە قانونی دەولی دیاریی کردون، حکومەتی عیراقیش هەمویانی ئیمزا کردووەو خۆی بە یەکێك لە لایەنەکانی دەزانێت. لەکاتێکدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەوپەڕی راستگۆیی و دڵسۆزییەوە هەموو ئەو بڕیارو عورف و نەریتانەی دەرهەق بە دیلەکانی جەنگ و دەرهەق بە هاووڵاتییانی مەدەنی جێبەجێ کردووە، کاربەدەستانی حکومەتی عیراق هەموو ئەو بڕیارانەیان پێشێل کردووەو گوێیان نەداوەتە جێبەجێ کردنی بچوکترین و سادەترین مافی دیلەکانی جەنگ بەرامبەر بەو پێشمەرگانەی لەبەر برینداری یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بەردەستی هێزی داگیرکەر کەوتون، هەروەها گوێیان نەداوەتە جێبەجێ کردنی بچوکترین و سادەترین مافەکانی هاووڵاتییانی مەدەنیی کورد لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عیراق، بەڵکو هیچ فەرقێکیان نەکردووە لە بەینی دیلی جەنگ کە پێشمەرگە بون و لە شەڕدا یان لە بۆسەدا یان لە شوێنی تر گیراون و لە بەینی ئەو هاووڵاتییە مەدەنییە کوردانەی بە تۆمەتی درۆو ئیخباریەی ناڕاستی جاسوسەکانی رژێم یان بۆ تەمێ کردن و چاوترساندنی کۆمەڵانی خەڵك گیراون و لە دیلەکانی جەنگی کورد- عیراق و لە هاووڵاتییانی گیراوی سیاسی بە هەزاران کەسی بە شێوەیەکی ناقانونی ئیعدام کردووە.

کاربەدەستانی رژێمی فاشیستی عیراق وەکو پیشەی هەمیشەییان بەردەوامن لەسەر گوێ نەدان بە پەیمانەکانی ژنێف دەربارەی دیلی جەنگ و دەربارەی رەفتار لەگەڵ هاووڵاتییانی مەدەنیی ناوچە داگیرکراوەکان. لەم ماوەیەشدا بە دڕندایەتییەوە

کەوتونەتە لاسایی کردنەوەی رەفتاری جەیشی نازی لە وڵاتە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە کاتی جەنگی دووەمی جیهاندا، بەتایبەتی لاسایی کردنەوەی نازییەکان لە گوللەباران کردنی بارمتە هاووڵاتییە مەدەنییەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵك. فاشیستەکانی عیراق لە چەند مانگی رابردوو، لە ساحە گشتییەکانی شارەکانی هەولێرو کەرکوك و سلێمانی زنجیرەیەك کاری ئیرهابییان ئەنجام داوە لەوانە چەندین هاووڵاتیی بێ تاوانیان بە بەرچاوی خەڵکەوە گوللەباران کردووە کە زۆربەیان هەرزەکارو لاو بون و تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بووە کە بەپێی زۆربەی یاساکانی دەوڵەتانی دنیا حوکمی ئیعدام نایانگرێتەوە. دوا کاری تاوانبارانەی ئەو کاربەدەستانەی رژێم گوللەباران کردنی شەش هاووڵاتیی شاری سلێمانی بووە لە پێش نیوەڕۆی ٩ی نیسانی ١٩٨٦ لە ساحەی گشتیی بەردەمی زیندانی سلێمانی بەم ناوانەی خوارەوە:

١-کەیوان محەمەد عەبدوڵڵا.

٢-بەختیار ستار کەریم.

٣-سۆران نوری عوسمان.

٤-مەولود رەشید فەرەج.

٥-هاوڕێ بەکر ئەحمەد.

٦-هاوڕێ محەمەد قادر.

ئێمە لەکاتێکدا داوا لە ئازادیخوازانی عیراق و دنیا دەکەین دەنگی ناڕەزایی دژی رەفتاری دڕندانەی فاشیستەکانی عیراق، داگیرکەرانی کوردستان بەرز بکەنەوەو سەرنجیان رادەکێشین بۆ بەراوردکردنی رەفتاری رژێمێك لە دوایین چارەکی سەدەی بیستەم کە خۆی بە رژێمێکی ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنێکی ئیمزاکەری پەیمانەکانی دادەنێ لەگەڵ رەفتاری دواکەوتوترین رژێمەکانی سەدەی رابردوو، هەروەها رەفتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ دیلەکانی هێزی داگیرکەر.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین بە بیری خەڵکی بخەینەوە کە لە ماوەی دەستپێکردنەوەی شەڕەوە لە مانگی شوباتی ١٩٨٥ تا ئەم مانگە ٨٥٧ کەس لە هێزەکانی دوژمن بە دیلی کەوتونەتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ئەوانە سەرەڕای ئەوەی رەفتاری ئینسانییان لەگەڵ کراوە لە مناسەبەتە دینی و نیشتمانییەکانداو لەبەر ئەسبابی ئینسانی، تا ئێستا زیاتر لە ٣٦٠ کەسیان بە بێ مقابل بەر دراون، لەوانە ٣٥ کەسیان هەر لە سەرەتای ئەم مانگەدا ئازاد کراون.

بەم بۆنەیەوە ئاگاداری سەرانی رژێم دەکەین کە درێژەدان بە سیاسەتی ئیرهاب و کوشتنی شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان و هاووڵاتییانی بێ تاوان و پێشێل کردنی بەندەکانی ئەو پەیماننامانەی لەبارەی دیلی جەنگ و گیراوی سیاسی و رەفتار لەگەڵ هاووڵاتییانی مەدەنیی ناوچە داگیرکراوەکان دانـراون نەك کار لە وزەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان ناکەن و ناتوانن رادەیەك بۆ چالاکیی شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان لە دژی داگیرکەرانی کوردستان دابنێن، بەڵکو دەبنە هۆی ئەستوربونی رقی پیرۆزی شۆڕشگێڕان بەرامبەر بە رژێمی فاشیستی عیراق و کاربەدەست و نۆکەرەکانی. سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بۆ وەڵامدانەوەی کارەکانی رژێم مەجبورە سەرەتای «مامەڵەی هەمچەشن» جێبەجێ بکا لەگەڵ دیلەکانی جەنگ کە لە دوژمن گیراون و لەگەڵ کاربەدەست و نۆکەرانی رژێم و هەموو ئەوانەی دەستی بە زەبری شۆڕش دەیانگاتێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی «رزگاری» ئۆرگانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ژمارە ٩-١٠، نیسان و ئایاری ١٩٨٦، ل ٨-٩.

# فەرهاد سەنگاوی



پێشمەرگەی دێرین و کادیری ڕاگەیاندن و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان. ناوی تەواوی فەرهاد حەمە ساڵح کەریم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی شاری کەرکوك. تافی منداڵیی، بەپێی هەلومەرجی شەڕو ئاشتی، لە کەرکوك و سەنگاوو چەمچەماڵ بەسەر بردووەو پۆلەکانی قۆناغی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە سەنگاوو چەمچەماڵ بڕیوە.

هەرچەند ڕەچەڵەکی دەچێتەوە سەر میر سمایلی زەنگنە، باوکی هەژارو نەدار بووە و شوانی‌و گاوانیی بۆ خەڵك کردووە چونکە لە منداڵییەوە لەداهاتی دوو دێ بێبەش کراوە. بەمجۆرە، سەنگاوی تافێکی سەختی منداڵیی بەسەر بردووەو زۆر زوو تێکەڵەیەك هەستی نەتەوایەتی‌و چینایەتی لە دەرونیدا چەکەرەی کردوە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ساڵی ١٩٨٠دا بووە پێشمەرگەی کەرتی ٥ی گەرمیان لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ. ساڵی پاشتر گوێزرایەوە بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتی‌و لەوێدا نێردرا بۆ گوندی توژەڵە کە بارەگای ڕاگەیاندنی ناوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی لێ بوو.

لە بارەگای ڕاگەیاندن لە بەشی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کاری کرد. سەرەتا بە کاری سادە دەستی پێکرد وەك ئامادەکردنی هەواڵ‌و ڕێکخستنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەو دواتر وەك بێژەر چالاکیی نواند. ماوەی نێوان ١٩٨١-١٩٨٨ بە گرنگترین ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی دادەندرێ کە تێیدا توانیویەتی وەك بەناوبانگترین بێژەرو خاوەنی کاریگەرترین دەنگ لە سەردەمی شۆڕشدا دەرکەوێ. بەدەنگە ڕەوان و زوڵاڵەکەی ڕۆڵێکی گەورەی لە سەقامگیرکردنی گیانی بەرخودان و خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەدا گێڕاو بەشدارییەکی کارای لە بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگەو جەماوەردا کرد.

لە ئاکامی ڕۆڵی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی گیانی شۆڕشگێڕانەدا، لە ساڵی ١٩٨٢دا دەزگا ئەمنییەکان ماڵی باوکیان لە سەنگاو سوتاند و باوك و دایك و خوشکێکیان دەستگیر کردو بۆ ماوەی ٩ مانگ لە زیندانی کەرکوك بەندیان کردن. کاتێك ئازاد کران، دایکی پەکی کەوتبوو و زۆری نەبرد بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.


ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە دۆڵەکۆگە گیرسایەوە کە بارەگای یەدەکی ڕادیۆی لێ بوو و بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی خۆی. دواتر لە شاری سەقز لە ئێران نیشتەجێ بوو.

لە ئایاری ١٩٩٠دا لە ڕێگەی ئێرانەوە چوو بۆ سوریاو لە ساڵی ١٩٩١دا چوو بۆ دانمارك و لەوێ گیرسایەوە. بەڵام هەر ئەو ساڵە، لەگەڵ هەڵایسانی ڕاپەڕین لە کوردستان، بە پەلە گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لەگردی عەلی ناجیی ناو شاری سلێمانی بوو، بە دەنگە زوڵاڵەکەی بەشدارییەکی کارای لە ڕاپەڕیندا کردو هەر بەو دەنگە حەماسخوڵقێنەش هەواڵی سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕینی خوێندەوە لەوانە هەواڵی ڕزگارکردنی شاری کەرکوك لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا.

ساڵی ٢٠٠٩ پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد بەڵام زوو وازی لێ هێناو گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەماندا لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاندید کراو بووە ئەندامی پەرلەمان.

ساڵی ٢٠١٧ لە سەروبەندی گەرم و گوڕیی پڕۆژەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا، رای وابوو ریفراندۆم سەرکەوتوو نابێ و زیان بە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ و کاتەکە بۆ دەست بردن بۆ ئەم پرسە گونجاو نیە، بۆیە پشتگیریی پڕۆژەکەی نەکرد. لە ٧ی ئابدا بەشدار بوو لە دامەزراندنی بزوتنەوەی «نەخێر لە ئێستادا بۆ ریفراندۆم» کە بزوتنەوەیەکی مەدەنییەو پێی وابوو ریفراندۆم بەبێ ئامادەکاریی تەواو، زیان لە بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی هەرێم دەدا. لە ١٠ی ئابدا مەکتەبی سیاسی، لە سۆنگەی هەڵوێستی بەرامبەر بە ریفراندۆم، بڕیاری دەرکردنی دا لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وپەیمانیشی دا کە پاش ئەوەی پەرلەمان کارا دەکرێتەوە، لەوێش دەری دەکات. لە ١٩ی ئابدا لە سلێمانی رفێندرا، بەڵام پاش چەند سەعاتێك ئازاد کرا. لە لێدوانەکانیدا، وردەکارییەکی زۆری لەسەر رفاندنەکەی ئاشکرا نەکردو هیچ سکاڵایەکیشی لە دادگا لەسەر کەس تۆمار نەکرد. لە ٣٠ی ئەیلولدا نامەی دەست لەکارکێشانەوەی لە پەرلەمانی کوردستان خوێندرایەوەو لە دەنگداندا بە ٤٧ دەنگ دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسند کرا.

## فەرهاد شاکەلی



شاعیر و نوسەر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی گوندی کەلاری کۆن. لە بنەماڵەی شێخانی شاکەلییەو نازناوەکەشی لەوەوە هاتووە کە دەچێتەوە سەر ئەم بنەماڵەیە. تافی منداڵیی لە کەلار و گوندی شاکەل بەسەر بردووە. خوێندنی سەرەتایی لەگوندی سەیدەو دواناوەندیی لە شاری کفری تەواو کردووە. لە قۆناغی خوێندنی دواناوەندیدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی هۆنراوەو وتار کردو هەر لەو قۆناغەشدا بناغەی ئاشنایەتیی لەگەڵ بیروباوەڕی مارکسیزمدا داناو لە ساڵانی دواتردا زۆرتر بەلای ماویزمدا دایشکاند.

ساڵی ١٩٧١ لە بەشی زمانی کوردیی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیرا. لە ساڵی ١٩٧٣ دا یەکەم دیوانی شیعری بە ناونیشانی «پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی» بڵاوکردەوە. لەم قۆناغەی ژیانیدا، لە بەغدا لە هەفتەنامەی «برایەتی» کاری کردوەو هەروەها ئەندامی لقی بەغدای کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی بووە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەرەس هێنانی ئاگربڕی چوار ساڵەی نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بەغدای بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش ئەوەی شۆڕش شێوە حکومەتێکی لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق پێکهێناو چەند دەزگایەکی دامەزراند لەوانە ئەمانەتی رۆشنبیریو لاوان، لەو ئەمانەتە بە فەرمانبەر دامەزراو ماوەیەك وەك نوسەر لە ئێزگەی دەنگی کوردستان کاری کردو وتاری بە زمانی کوردیو عەرەبی دەنوسی. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە دامەزراندنەوەی یەکێتیی نوسەرانی کوردو بووە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر تێیدا. لە ڕوی سیاسیشەوە، هەر لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو راستەوخۆ لەگەڵ سکرتێری کۆمەڵە شەهاب شێخ نوری کاری کرد.

لە سەروبەندی هەرەس هێنانی شۆڕشدا لە ساڵی ١٩٧٥، پشتگیریی پرۆژەی درێژەپێدانی

شۆڕشی کرد بەڵام پاش شکستی پرۆژەکە، لە سەید سادق خۆی رادەستی هێزەکانی عیراق کردو دواتر گەڕایەوە بۆ بەغدا بۆ تەواو کردنی خوێندنی.

لە بەغدا بەردەوام بوو لەسەر هەڵسوڕانی سیاسیی خۆیو ماوەیەك سەرپەرشتیی رێکخستنەکانی بەغداو خانەقین و باشوری عیراقی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کرد. هەر ئەو ساڵە، دوای گیرانی چەند ئەندامێکی رێکخستن و زیادبونی مەترسیی گیرانی، لەگەڵ هەر یەك لە برایم عەزۆ و برایم عەبد عەلی لە سنوری نێودەوڵەتیی عیراق - سوریا پەڕییەوەو لە سوریا پەیوەندیی بە تاڵەبانیو دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد.

لە سوریا بەشدار بوو لەدابین کردنی پێداویستییە لۆجستیکییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان و ئەو مەفرەزەیەی کە لە ساڵی ١٩٧٦ بە سەرکردایەتیی برایم عەزۆ گەڕایەوە بۆ کوردستان، ئەو و نەجمەددین بیوك کایا بەشدار بون لە پێگەیاندن و پەروەردەکردن و بەڕێ کردنی بۆ کوردستان. لە تشرینی دووەمدا لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەدا بەناو کوردستانی باکوردا بەڕێ کەوت بەرەو ناوچەی بادینان بەڵام پلانەکە سەری نەگرت و هێزەکە، پاش نەهامەتییەکی زۆر، گەڕایەوە بۆ سەری کانی لە سوریا.

پاش شکستهێنانی پلانەکە، شاکەلی لە وەرچەرخانێکی فیکریی کتوپڕدا بڕیاری دا واز لە سیاسەت بێنێ. ساڵی ١٩٧٧ لە بەیروت گیرسایەوەو دواتر چوو بۆ ئەڵمانیای رۆژئاواو لە شاری هامبۆرگ ژیا. ساڵی دواتر ئەڵمانیای بەجێ هێشت و روی کردە سوید. لەوێ لە زانکۆی ئۆپسالا دەستی بە خوێندن کردو بڕوانامەی دکتۆرای تێدا بەدەست هێنا. دواتر بوو بە مامۆستا لە بەشی زمان و فیلۆلۆژیی هەمان زانکۆ. لە ساڵانی ١٩٨٥ - ١٩٨٩دا رۆژنامەیەکی سویدی - کوردیی بە ناوی «سڤنسک - کوردش ژورنال» دەرکرد. هەروەها لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٥ - ١٩٩٦دا سەرقاڵی دەرکردنی گۆڤاری «مامۆستای کورد» بوو کە ٣١ ژمارەی لێ دەرچووە. دیارترین بەرهەمی، ماستەرنامەکەیەتی سەبارەت بە «ناسیونالیزمی کوردی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا»و تێزی دکتۆراکەی دەربارەی «پەخشانی هونەریی کوردی»یە.

## فەرهاد یوسف مستەفا



پێشمەرگەو کادیری دێرین. ناسراو بە فەرهادی مام وسو کاوانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی کاوانیانی سەر بە قەزای شەقڵاوە. هەر لەگوندەکەی خۆی دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە بەڵام لە سۆنگەی ناجێگیریی باری ژیان و گوزەرانی خانەوادەکەیەوە، لە چەندین گوندو شار ئەم خوێندنگەو ئەو خوێندنگەیەی کردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٥ دەست پێ دەکا، کاتێك لەو ساڵەدا لە هەولێر پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەکا. لە ئایاری ١٩٧٧ بەشێکی رێکخستنەکانی هەولێری کۆمەڵە کەوتە بەر

جەزرەبەی دەزگا ئەمنییەکان و ژمارەیەك ئەندامی دەستگیر کران. ئەو یەکێ لەو ئەندامانەی ڕێکخستن بوو کە بەر شاڵاوەکە کەوت و دەستگیر کرا. پاش ئازاردان و ئەشکەنجەیەکی زۆر لە دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك، لە دادگا شەش ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێنراو ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کرا. ساڵی ١٩٧٩ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا. دوای ئازادکردنی، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەوە کردەوەو خۆی بە تەواوکردنی خوێندنەوە خەریك کرد. ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی لە خانەی مامۆستایانی هەولێر تەواو کرد.

هاوینی ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بە پلەی ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە سنوری تیپی ٩١ی سەفین بووە پێشمەرگە. پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، لەگەڵ براکەی، تەحسین کاوانی، لە مەفرەزە تایبەتەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئامادەکاری بۆ جێبەجێ کردنی پلانی ڕاپەڕین گێڕا. لە ڕاپەڕیندا بەشدارییەکی کارای لە رزگارکردنی شەقلاوەدا کردو دواتریش لەگەڵ ئەو هێزەدا کە ڕوی کردە کەرکوك، لە هەولێرەوە بەرەو کەرکوك بەڕێ کەوت و بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوك.

پاش ڕاپەڕین بە پلەی ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٩٦ لێپرساوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقلاوەی پێ سپێردرا. لە ساڵی ٢٠٠٠دا کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی سۆران. ساڵی ٢٠٠٩ لە یەکەم ئەزمونی ئەنجومەنی ناوەندا، بە ئەندامی خولی یەك ساڵەی ئەنجومەنەکە دانرا. ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

## فەرەیدون عەبدولقادر



ئەندامی دێرینی سەرکردایەتی، ناوی تەواوی فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج. لە دایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك. لە کاتی لەدایکبونیدا باوکی لە سلێمانییەوە وەك کارمەندی حکومەت بۆ کەرکوك گوێزرابۆوەو لە فەرمانگەی دادگای چارەسەری کێشەی زەوی‌و زار کاری دەکرد. ساڵی ١٩٤٨ ماڵیان گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٦٥دا لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە.


سەرەتای ژیانی سیاسیی بۆ ساڵی ١٩٦٢ دەگەڕێتەوە، کاتێك بوو بە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دواتریش پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٦٤ لە کاتی سەرهەڵدانی قەیران و دوبەرەکی لە ناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا هەوڵی ناوبژیوانیان لە نێوان هەردوو باڵی نەیاردا دا بەڵام هەوڵەکەیان هیچی لێ سەوز نەبوو. بەڵام لە دوایدا بەلای باڵی مەکتەبی سیاسیدا دای شکاند. لە ساڵی ١٩٦٧ بەدواوە وردە وردە کەوتە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی چەپی شۆڕشگێڕو دەستی بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتەکانی ئەم ڕێبازە کرد. لە ساڵی ١٩٦٩ بووە ئەندامی لیژنەی بەغدای یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی.

ساڵی ١٩٧٠ خۆی‌و شەهاب شێخ نوری‌و فازڵ مەلا مەحمود کەوتنە بانگەشەکردن بۆ پرۆژەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕ و لەم سەروبەندەدا بەشدارییەکی کاریگەری لەو کۆبونەوانەی بەغدادا کرد کە دواتر پێکهێنانی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینییان لێ کەوتەوە. دوای دامەزراندنی کۆمەڵە، بووە یەکێ لە ئەندامی سەرکردایەتی. لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی بنیاتنەر کاری لێپرسراوانەی بۆ تۆکمەکردنی ڕێکخستنە نهێنییەکان کردو لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی کەرکوکی گرتە ئەستۆ. لەم سەروبەندەشدا داوای لێ کرا ماڵی بباتە کەرکوك و لەوێ نیشتەجێ بێ تاکو باشتر سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ئەوێ بکات.

لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ناسنامە لە ناو کۆمەڵەدا، پشتگیریی ڕێبازی کوردستانیی کردو ڕێبازی بەعیراقی کردنی هەڵسوڕانی کۆمەڵەی ڕەت کردەوە.

ساڵی ١٩٧٢ پاش چوونی شەهاب شێخ نوری بۆ دەرەوەی وڵات، زۆربەی ئەرکەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە کەوتنە سەر شانی، بۆیە کەوتە فراوان کردنی سەرکردایەتی بە جۆرێك کە هەر یەك لە جەعفەر عەبدولواحید و ئاوات عەبدولغەفور و حەمەی میرزا سەعیدی بردە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە.

لەو ماوەیەدا هەندێ وتاری بۆ ڕونکردنەوەی هەڵوێستی کۆمەڵە سەبارەت بە هەندێ مەسەلە بۆ ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان و ئەندام و کادیرانی کۆمەڵە نوسی و هەروەها سەرپەرشتیی دەرکردنی ڕۆژنامەی «ئاڵای سور»ی کرد کە بە یەکەم ئۆرگانی کۆمەڵە دادەنرێ. ساڵی ١٩٧٣ بە کارمەند لە شارەوانیی کەرکوك دامەزراو لە ساڵی ١٩٧٤ لە سەروبەندی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی




عیراقدا، وازی لەکارەکەی هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد.

پاش دامەزراندنی دەزگا کارگێڕییەکان لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق، ئەرکی سەرۆکی شارەوانییەکانی پێ سپێردرا و دواتر لە ناوچەی پێنجوێن گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی‌و کەوتە کارکردن بۆ سەقامگیرکردنی رایەڵەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە. لە حوزەیرانی ئەو ساڵەدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە رایسپارد سەردانی سوریا بکاو لەوێ چاوی بە تاڵەبانی بکەوێ بۆ دروست کردنی هەماهەنگی لە نێوان هەڵسوڕانی سیاسیی ناو وڵات و دەرەوەی وڵات و دابینکردنی پێداویستییەکانی دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، بەڵام ڕێکخستنی دیدارەکە دواکەوت و کەوتە مانگی ئابەوەو شوێنی دیدارەکەش لە سوریاوە گوێزرایەوە بۆ ئەڵمانیا. پاش

گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، بەسەر هەلومەرجێکی دژواردا کەوت، چونکە بەشێکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە ئاشکرا ببون و ڕەوشی ڕێکخستنەکان شپرزەییو شێواویی پێوە دیار بوو.

هەر ئەو ساڵە لەگەڵ سەرکردەکانی تری کۆمەڵە کە فەرمانی گرتنیان لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە بۆ دەرچوو بوو، چوو بۆ ئێران. بەپێی ئەو پلانە شێواو و بێ سەروبەرەی کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە دایانبوو، نیاز وابوو لە تاران پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی سوریاوە بکرێ و لە ڕێی سورییەکانەوە بنێردرێن بۆ سوریا. بەڵام ئەندامانی تیمەکە لە ئێران دەستگیر کران و بە تۆمەتی دزەکردنە ناو خاکی ئێران درانە دادگاو لە سەقز زیندانی کران، پاش تەواوکردنی ماوەی زیندانی کردنەکە، لە سەری ساڵی ١٩٧٦دا لە سنوری پێنجوێن ڕادەستی عیراق کرانەوە.

لە بەغدا لەگەڵ پۆلێك ئەندامی دیکەی کۆمەڵە، لە تەموزی ١٩٧٦ بەپێی ماددەی ١٧٥ی یاسای سزای بەغدادی دادگایی کراو شەش ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا. بەڵام لەئابی ١٩٧٩ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کراو لە تشرینی یەکەمدا لە چەمی ڕێزانەوە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەوێوە چوو بۆ ناوزەنگ کە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی لێ بوو.

لەوێ بەپێی بڕیاری کۆبونەوەی فراوانی ساڵی ١٩٧٨ی شێنێ، پلەی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی وەرگرتەوە، ساڵی ١٩٨١ لە یەکەم کۆنفرەنسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو دوای کۆنفرەنسەکە کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی کارای لە بواری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندندا گێڕاو نامیلکەیەکی بە ناوی «پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان» بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩٨٢ لە دووەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لە ناوزەنگ بەسترا، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

لە وتووێژی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، بەشدارِیی لە خولەکانی دایەلۆگدا کردو بەرگریی لە تێڕوانین و مافەکانی کورد کرد. هەر ئەو ساڵە، لەسێیەم کۆنفرەنسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لە مێرگەپان بەسترا، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ململانێی ناوخۆیی کۆمەڵەدا، هاوپەیمانیی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دروست کرد، هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بە باڵی «ئاڵای شۆڕش» نواند و لە گۆڤاری «کۆمەڵە»دا چەند وتارێکی لەسەر باڵە ناڕازییەکە نوسی، لە یەکێکیاندا بە ناونیشانی «چۆن ململانێی ناوخۆی کۆمەڵە ئاراستە دەکەین؟» بەم چەشنە باسی ئەندامانی باڵەکەی کردوە کە «هەوڵ دەدەن تێکۆشەرەکانی شۆڕش لە خەبات سارد بکەنەوە، تەقەللا دەدەن کە ڕیزەکانی کلۆر بکەن بە خەیاڵی ئەوەی کە جێگە بە کۆمەڵە لێژ بکەن، تەنانەت جێ بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێژ بکەن تا خۆیان بەپێی ئارەزوو بە ڕێگەی چەوتی خۆیان ڕێبەریی جوڵانەوەکە بگرنە دەست». پاش دەستگیرکردنی سەرکردەکانی باڵی « ئاڵای شۆڕش» لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥، پشتیوانیی لە شاڵاوی تەنگ پێ هەڵچنین و ڕاونانی ئەندامەکانی کردو لەو پلینۆمەی کە لە بەرگەڵوو بۆ مشتوماڵ کردنی شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ باڵەکەو بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سەرکردە گیراوەکانی باڵەکە بەسترا، دەنگی بە سەپاندنی

قورسترین سزا بە سەریاندا دا.

ساڵی ١٩٨٨ لە ڕەوتی هەوڵداندا بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، وەك نوێنەری یەکێتی بەشداریی لە چەند خولێکی دایەلۆگدا کردو ڕۆڵێکی کارای لە سەرخستنی دایەلۆگەکاندا گێڕا. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بووە لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن لە شاری سەقزو لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە نوسینی سەروتار و وتار بۆ ڕۆژنامەی «ڕێبازی نوێ»، سەرباری نوسینی ژمارەیەکی زۆری وتار بۆ رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا هەندێ ئەرکی لە ناوچەکانی سلێمانیو گەرمیان پێ سپێردراو لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی دیاری لە سەرپەرشتی کردنی سنورێکی فراوانی لە سلێمانیەوە تا خانەقین گێڕا. لە کاتی کۆڕەودا لەگەڵ هەر یەك لە عومەر فەتاح و ئازاد بەرواری و فازل میرانی، لەسەر داوای بەرەی کوردستانی، وەك نوێنەری کورد پرۆسەی وتوویژی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا دەست پێ کرد. شاندەکە لە بەغدا هەڵوێستی کوردی ڕون کردەوەو ڕێی بۆ وتوویژ لەسەر ئاستێکی باڵاتر خۆش کرد.

هەر ئەو ساڵە، بڕیاری پشوو و خانەنشین بوونی دا، لەم سەروبەندەدا وازی لە هەموو پۆستەکانی هێناو خەریکی بزنس و بازرگانی بوو، بەڵام ساڵی ١٩٩٣، لەسەر داوای تاڵەبانی گەڕایەوە بۆ ژیانی سیاسی و کرایەوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەرچەند گێڕانەوەی بۆ ئەم پۆستە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ نەدەگونجا. دواتر لێپرسراوەتی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پێ سپێردراو لەم سەروبەندەدا لەپاڵ ئەم لێپرسراوەتییە، ئەرکی سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێشی وەرگرت. ساڵی ١٩٩٤ لێپرسراوەیەتیی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بەجێ هێشت و بووە ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی.

لە کاتی ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کشایەوە سەر سنورو دوای دابین کردنی پێداویستییەکانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی یەکەمی «گەردەلولی تۆڵە»و دانانی نەخشەی گەڕانەوە بۆ ناوچەکان، لێپرسراوەتیی قۆڵی پێنجوێن - شارەزور - هەڵەبجەی پێ سپێردراو لەم ڕووەوە ئەرکەکانی بە ڕێکوپێکی بە ئەنجام گەیاند.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ بەدواوە، چەند لێپرسراوەتییەکی گرتە ئەستۆ وەك پارێزگاری سلێمانی، مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، مەڵبەندی پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرباری ئەوەی کە لە دووەم کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

پاش روخانی رژێمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣، سەرپەرشتیی کاروباری پارێزگای کەرکوکی کردو پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەمریکییەکان و پێکهاتەکانی تری شاری کەرکوکدا دروست کرد. لەو قۆناغەدا کە بە قۆناغی بنیاتنانی عیراقێکی نوێ دەژمێردرێ، بە ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق هەڵبژێردرا کە بە پەرلەمانی قۆناغی گواستنەوە دادەنرێ، لەم سەروبەندەدا لێپرسراوەتیی کۆمیسیۆنی ئابوریی گرتە ئەستۆو وەك ئەندامی لیژنەی نوسینی دەستور بەشدار بوو لە نوسینی پرۆژەی دەستوری تازەی عیراقداو لەم سەروبەندەدا لە لیژنەی چوارەمدا کاری کردووە کە تایبەت بووە بە دام و دەزگاو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەکان.

فەرەیدون عەبدولقادر بە یەکێ لە ڕۆشنبیرە کلاسیکییەکان دەژمێردرێ. هەرچەند لە قۆناغی بەرایی دامەزراندنی کۆمەڵەدا هەندێ هەوڵی


نوسینی هەبوە، بەڵام هەوڵەکانی لەو ئاستەدا نەبون کە کاریگەری لەسەر خوێنەر بەجێ بێڵن. لە سەردەمی پێشمەرگایەتیشدا دیارترین دوو بەرهەمی، وتارێکە بە ناونیشانی «پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان» کە ساڵی ١٩٨١ بە شێوەی نامیلکە بڵاوی کردۆتەوەو تێیدا هەوڵیداوە بەشدار بێ لە چەسپاندنی بنەما تیۆریکییەکانی ڕەوتی کوردستانی لە ناو کۆمەڵەدا، ئەوی تر وتارێکە بە ناونیشانی «هەڵوێستی کۆمەڵە دەربارەی هەندێ مەسەلەی ستراتیجی» کە مێژوی بڵاوکردنەوەی بۆ ساڵی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوەو بە شێوەی نامیلکەیەکی بچوکی ٤٢ لاپەڕەیی دەرچووەو تێیدا هەوڵیداوە نەخشە ڕێگایەك پێشکەش بە کۆمەڵە بکات. لەو وتارەدا کۆمەڵەی وەك ڕێکخراوێکی «کرێکاری» ناساندووەو ئامانجە ستراتیجییەکەی بەو جۆرە دیاری کردووە کە «دەمانەوێ ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵەکەمان روو لە سۆسیالیزم بێ و کۆمەڵێکی پێشکەوتوی سۆسیالیستی دابمەزرێنین». کەچی هەموی چەند مانگێکی نەبرد، هەر ئەو ساڵە وەك نوێنەری کۆمەڵە بەشداریی لە پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا کردو لە وتارەکەیدا سور بوو لەسەر پێویستیی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان و یەکگرتنەوەیان لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

جگە لەو چەند وتارەی کە لە قۆناغی سەرکوتکردنی لایەنگرانی گروپی ئاڵای شۆڕشدا نوسیویەتی و تێیدا هێرشی توندی کردۆتە سەریان، ئەو لە زۆربەی هەڵوێستە سیاسییەکانیدا نەرم و میانڕەو بووە. وەك نوسەر، زۆرتر لە لاساییکەرەوەیەکی زیرەك و داڕێژەرەوەی بیرۆکەکانەوە نزیکترە لەوەی کە داهێنەرو بەرهەمهێنەری بیرۆکەی تازە بێ.

لە هەڵسەنگاندنی گشتیدا، ئەو لە هەڵوێستی سیاسیدا سەر بە خوێندنگەیەکە کە بیرۆکەی گەیشتن بە سازان لە سەروی هەموو شتێکەوە دادەنێ و هەر ئەمەش هانی داوە لە گفتوگۆو دانوستان و تەنگژەکاندا زۆرتر سەرقاڵی دۆزینەوەی میکانیزمی هێورکەرەوەو سازان و ڕێگەچارەی مامناوەنج بێ.

ساڵی ٢٠١٧ بیرەوەرییەکانی لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «هەڵۆ سورەکانی قەندیل» بڵاوکردەوە کە چەردەیەك زانیاریی گرنگی دەربارەی ژیانی سیاسیی کورد لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا ناوەڕاستی حەفتاکان لە خۆ گرتووەو هەندێ وردەکاریی گرنگی دەربارەی قۆناغی بەرایی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی تێدایە.

## فەرید ئەسەسەرد



لێکۆڵیار و سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی فەرید سابیر قادر حەسەن. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ی هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لە بەغدا تەواو کردووە خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر. ساڵی ١٩٧٦ لە بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی موسڵ وەرگیرا، بەڵام ساڵی دواتر ڕەزامەندیی وەزارەتی خوێندنی باڵای بۆ گواستنەوە بۆ زانکۆی بەغداو خوێندن لە بەشی سایکۆلۆژیای کۆلێجی ئاداب وەرگرت.


ساڵی ١٩٧٧ لە بەغدا لە دەزگای ڕۆشنبیری

و بڵاوکردنەوەی کوردی دامەزراو لەگۆڤاری «رۆشنبیری نوێ» کاری کرد. دامەزرانی لەو فەرمانگەیە ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند کە تێکەڵ بە ناوەندە رۆشنبیرییەکانی کوردی بەغدا ببێ. هەمان ساڵ پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دروست کرد.

پاش بەگەڕکەوتنی رێکخراوی هەڵۆی سور لە بەغداو ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە دژی کوردە هاوکارەکانی رژێمی عیراق، گوشاری دەزگا ئەمنییەکان لەسەر کوردەکانی دانیشتوانی بەغداو رێکخستنە نهێنییەکان زیادی کرد. لەو سۆنگەیەشەوە کە یەکێ لە چالاکییەکانی ئەو رێکخراوە لە ١٦ی حوزەیراندا لە دژی بەڕێوەبەری دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ئەنجام درابوو، بەشێك لە کارمەندانی ئەو دەزگایە گیران و ئەوانی تریش خرانە ژێر چاودێریی وردەوە. لەم سەروبەندەدا لە کانونی یەکەمدا بەغدای بەجێ هێشت و لە ٢٤ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا لە هەولێر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

پاش دوو مانگ هەڵسوڕانی پێشمەرگانە لە ناوچەکانی دەشتی کۆیە و قەرەداغ و دۆڵی جافایەتی، گوێزرایەوە بۆ بەشی راگەیاندن کە لەو کاتەدا نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتیی دەکردو بارەگاکەی لەگوندی نۆکان بوو. لە سەرەتای ئایاردا لەگەڵ بەشی دووەم و سێیەمی ئەو هێزەی بە نیاز بوو بچێ بۆ برادۆست، بەرەو قەندیل بەڕێ کەوت و پاش جیابوونەوەی بەشی دووەمی هێزەکە، لەگەڵ بەشی سێیەم لە قەندیل مایەوە. لەبەر سەر نەگرتنی نەخشەکە، بەشی سێیەمی هێزەکە تا سەرەتای پایز لە قەندیل مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ خری ناوزەنگ.

ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ دەستپێکردنی پەخشی




رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، لە یەکەم ستافی ئێزگە وەك نوسەر لە بەشی عەرەبی کاری کرد. ساڵی ١٩٨٠ وەك کادیر گوێزرایەوە بۆ کەرتی یەکی هەرێمی پارێزگاری و دواتر لە کەرتی رێکخستنی شەهید ئازاد کاری کرد کە ئەرکی رێکخستنی شانەکانی کۆمەڵەی لە ناوچەی سەرکردایەتی لە ئەستۆدا بوو.

لە کانونی دووەمی ١٩٨٢دا بووە لێپرسراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە کە دامەزراوەیەکی سەر بە دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. لەو ماوەیەدا کتێبەکەی دکتۆر عەزیز شەمزینیی سەبارەت بە جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان وەرگێڕایەوە سەر زمانی کوردی و بەشی یەکەم و دووەمی لێ بڵاوکردەوە. لە مانگی ئازاردا گوێزرایەوە بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵەو لە بەشی راگەیاندن کاری کرد. لەو ماوەیەدا کتێبی «دوو تاکتیکی

سۆسیال دیموکراسی»ی لینینی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.

لە ئازاری ١٩٨٣دا لە سەروبەندی بڵاوە پێکردنی بارەگاکانی ناوچەی سەرکردایەتی و چۆڵ کردنی ناوزەنگ و زەڵێ، گویزرایەوە بۆ دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرشیو و باوزێ لە دەوروبەری قەلادزێ. لەوێ ئەرکی دەرکردنی رۆژنامەی ڕێبازی نوێی پێ سپێردرا کە لەو ساڵەدا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە. ئەم ٣ ژمارەیە بە خولی پێنجەمی ئەم رۆژنامەیە دەژمێردرێن. هەر لەو ماوەیەشدا کاری لە بەشی عەرەبیی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کرد. لە پایزی ئەو ساڵەدا بووە لێپرسراوی بەشەکە.

ساڵی ١٩٨٦ کتێبەکەی دەربارەی گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستاندا لە لایەن دەزگای ناوەندیی رۆشنبیریی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە بڵاو کرایەوە.

لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧ بووە ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن و لە دابەش کردنی لێپرسراوەتییەکاندا تا تەموزی ١٩٨٨ لێپرسراوەتیی بۆردی ئێزگەی پێ سپێردرا. هەر لەو ساڵەدا کتێبەکەی دەربارەی شێوەی بەرهەم هێنانی ئاسیایی لە کوردستاندا بڵاو کرایەوە. لە ماوەی نێوان ١٩٨٥- ١٩٨٨دا جگە لەوەی کە لە دەستەی نوسەرانی هەردوو رۆژنامەی شەرارەو ڕێبازی نوێ کاری کردووەو وتاری بۆ هەردووکیان نوسیوە، ناو بەناو و بە شێوەیەکی پچڕپچڕ و لە کاتی پێویستدا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی هەردوو رۆژنامەی گرتۆتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٨ پاش شاڵاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەگەڵ دەزگای راگەیاندن، لە سەقز گیرسایەوە. لە مانگی حوزەیراندا بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەزگای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لەگوندی راژان لە ناوچەی مەرگەوەڕو بەشدار بوو لە دەرکردنی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی» لە مانگی ئەیلول. هەر ئەو مانگە گویزرایەوە بۆ سەقز و ئەرکی سەرنوسەریی رۆژنامەی ڕێبازی نوێی پێ سپێردرا.

لە کۆتایی ساڵدا، مەکتەبی سیاسی بەرنامەیەکی تازەی بۆ قۆناغی پاش ئەنفالەکان داناو لەم سەروبەندەدا بڕیار درا چەند کادیرێك بنێردرێنەوە بۆ ناو شارەکان. لەم رووەوە بڕیار درا ئەو و مستەفا سەید قادر بۆ هەولێر بنێردرێنەوە.

لە یەکی کانونی دووەمی ١٩٨٩دا بەرەو قەلادزێ بەڕێ کەوت و لەوێوە بەرەو هەولێر. لە دابەشکردنی لێپرسراوەتییەکاندا مستەفا سەید قادر ئەرکی ڕێکخستنی هەولێرو دهۆك و رانیەو پشدەری گرتە ئەستۆو فەرید ئەسەسەرد ئەرکی هەواڵگریی پێ سپێردراو بە درێژایی دوو ساڵ، تا راپەڕین، لە هەولێر لەسەر ئەم ئەرکە بەردەوام بوو.

پاش راپەڕینی ١٩٩١، گەڕایەوە بۆ دەزگای راگەیاندن کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لە گەلاڵە بوو. لەوێ ئەرکی دەرکردنی رۆژنامەی ڕێبازی نوێی گرتەوە ئەستۆو لەم خولەدا کە هەشتەم خولی رۆژنامەکەیە، شەش ژمارەی لە هەولێر دەرکرد. پاش وەستانی ئەم رۆژنامەیە، وەك بەڕێوەبەری نوسین لە ڕۆژنامەی ئیتتیحاد کاری کرد.

ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ هەر یەك لە مەحمود رەزاو مستەفا برایم دەروێش سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستانی دامەزراندو لە نیسانی ١٩٩٢دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی دەرکرد. لە تشرینی

دووەمـــی ١٩٩٣دا، لـە پـاڵ کـارکـردنـی وەك سەرنوسەری گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەك جێگری سەرنوسەر لەگۆڤاری «روانگەی جیهان» کاری کرد. ئەم گۆڤارە کە ٤ ژمارەی لێ دەرچووە، مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر دەری کردووە.

ساڵی ١٩٩٧ بـووە بـەڕێـوەبـەری سـەنـتـەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان. لە ماوەی نێوان ئایاری ١٩٩٨ تا ئەیلولی ٢٠٠٠ ئەرکی سەرنوسەریی رۆژنامەی «هاوپەیمانی»ی گرتە ئەستۆ کە ئۆرگانی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان بوو. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لـە سـاڵـی ٢٠٠١، بـە ئـەنـدامـی کـۆمـیـتـەی سـەرکـردایـەتـی هـەڵـبـژێـردرا. هـەر ئـەو سـاڵـە لە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی رۆژنامەنوسانی کوردستان بە نەقیب هەڵبژێردرا. لە حوزەیراندا، پاش پێکهێنانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، بووە جێگری لێپرسراو و لە سەرەتای تەموزی ٢٠٠٢ بووە لێپرسراوی مەکتەب.

ساڵی ٢٠٠٣ وتووێژێکی لێبڕاوانەی لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستاندا بۆ یەکخستنەوەی یەکێتیی رۆژنامەنووسان و سەندیکای رۆژنامەنووسان دەست پێکرد و لەم رووەوە رۆڵێکی کارای لە یەکخستنەوەی ئەم دوو رێکخراوەدا بینی. لە کانونی دووەمی ٢٠٠٤ وازی لە لێپرسراوەتیی مەکتەبی بیرو هۆشیاری هێناو درێژەی بەکارەکانی دا لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٧ لە پاڵ کارکردنی وەك سەرنوسەری گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ئەرکی سەرنوسەریی گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتانیشی گرتە ئەستۆ.

لە ساڵی ٢٠١٠ لە سێیەم کۆنگرەی یەکێتی لە سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو لە مانگی تەموزدا بووە لێپرسراوی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران و لە تشرینی یەکەمدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری «کەلتور»ی دەرکرد و لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گرتە ئەستۆ.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، دواتر لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٠دا بە سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ئەتڵەسی سیاسیی هەرێمی کوردستان» (٢٠١٠)، «ریشەی بیروباوەڕی بارزانییەکان» (٢٠١١).


بابەتی پەیوەندیدار:

* دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە.


* رێبازی نوێ (رۆژنامە).

* سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.

## فەرید زامدار



شاعیرو نوسەرو سیاسەتمەدارو هونەرمەند. ناوی تەواوی فەرید بەکر ئەیوب. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی شاری هەولێر. مێژوی دەستکردنی بە نوسینی شیعر بۆ ساڵانی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ دەگەڕێتەوەو




یەکەم دیوانە شیعری لە ساڵی ١٩٧٣ بە ناونیشانی «بروسکەی هەوری مەبەستێك» دەرکردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٠ دەست پێدەکا، کاتێك لەو ساڵەدا لە ڕێی جەعفەر عەبدولواحیدەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو پەیوەندییەکی درێژخایەنی وەك ئەندام لەو ڕێکخراوە دەست پێکرد. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەرەس هێنانی ئاگربڕی چوار ساڵەی نێوان کوردو حکومەتی عیراق و دەستپێکردنەوەی شەڕدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. لەو ماوەیەدا لەگەڵ هەر یەك لە محەمەد موکریو لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلیو محەمەد حەمە باقیو چەند ڕۆشنبیرێکی تر لەدەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕشدا کاری کرد، سەرباری ئەوەی کە لێپرساوەتیی لقی هەولێری یەکێتیی لاوانی کوردستانی گرتە ئەستۆو سەرنوسەری گۆڤاری «لاوان»یش بوو کە چەند ژمارەیەکی لە چۆمان لێ دەرچووە. گۆڤارەکە بە قەبارەی فولسکاب دەردەچوو، بە تایپی دەستی تایپ دەکرا، بەرۆنیۆ رادەکێشراو پەیامەکەی پەیامێکی گەنجانە بوو. زامدار لەو روانگەیەوە کە ئەندامی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕە، لە ڕێی بابەتەکانی گۆڤارەکەوە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بیروباوەری شۆڕشگێڕانە بوو.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، بۆ ماوەی زیاتر لە چوار مانگ ئاوارەی ئێران بوو. پاشان بەرپرسەکەی، جەمیل ڕەنجبەر، پێی ڕاگەیاند کە دەبێ بۆ عیراق بگەڕێتەوەو لەوێ درێژە بە خەباتی نیشتمانی بدا. لەم سۆنگەیەوە گەڕایەوە بۆ عیراق و بەردەوام بوو لەسەر کارکردن لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران و هەر لەم ماوەیەشدا بەردەوام بوو لەسەر نوسینی شیعر و لەم سەروبەندەدا لە ساڵی ١٩٧٩ دیوانێکی بە ناوی «دیوانێکی بێ ناونیشان» دەرکرد.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە وازی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی هێناو وەك ئەندامی هێڵی گشتی، لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوە. ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بوو لە کۆبونەوەی فراوانی ئەندامانی هێڵی گشتی لە توژەڵە کە تێیدا مەسەلەی یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیست تاوتوێ کرا. ئەو یەکێ لە ئەندامانی ئەو کۆمیسیونە بوو کە کۆبونەوەکە ڕایسپارد پەیوەندی بەسەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستەوە بکاو پرۆژەی یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆشیالیستی لەگەڵدا تاوتوێ بکا. لە ئەیلولدا یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵ پێك هات.

پاش دامەزراندنی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان، لەگەڵ هەر یەك لە پێشەوا

تاڵەبانیو مەحمود خۆشناو و چەتۆ حەویزی بووە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن و لەم ماوەیەدا زۆرتر سەرپەرشتیی گۆڤاری «کوردایەتی»ی کردو چەند وتارێکی تێدا بڵاو کردەوە، سەرباری ئەوەی کە لێپرساوەتیی چاپخانەی پێ سپێردرا. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا، دوو نامیلکەی لە ساڵی ١٩٨٢ دەرکردووە، یەکێکیان بە ناونیشانی «شۆڕشگێڕ کێیە؟» کە ٢٠ لاپەڕەیەو دەزگای ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی سۆسیالیست چاپی کردووەو ئەوی تر بە ناونیشانی «پێناس» کە ٣٢ لاپەڕەیەو لەگوندی وەرتێ لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید چاپ کراوە. ساڵی ١٩٨٣ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو لە ساڵی ١٩٨٩ دا دیوانێکی بە ناونیشانی «تێکست» بڵاوکردەوە.

ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کە بارەگاکەی لە گەڵاڵە بوو، لێپرساوەتیی بەشی هەواڵی گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر بووە بەڕێوەبەری کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و تا ساڵی ١٩٩٤ لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو. لە ماوەی نێوان ١٩٩٤ ـ ١٩٩٦ دا بەڕێوەبەری ئۆفیسی تایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو لە هەولێرو لە کاروباری حزبیدا ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان بوو.

پاش ڕوداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، هەولێری بەجێ هێشت و لە سلێمانی گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩٧ لە کاروباری حزبیدا بووە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە. هەر ئەو ساڵە لە ڕۆژنامەی «هەرێمی کوردستان»ی سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستان کاری کرد، ئەرکی سکرتێری نوسینی وەرگرت و تا ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٩٩ ئەرکی سەرنوسەریی گۆڤاری «پەیك»ی پێ سپێردرا کە گۆڤارێکە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەری کردووە بەڵام ئەم گۆڤارە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچوو.

ساڵی ٢٠٠٠ یەکەم پێشانگای هونەری شێوەکاری لە سلێمانی کردەوە. ئەم پێشانگایە سەرەتای زنجیرە پێشانگایەك بوو لە ساڵانی داهاتودا.

ساڵی ٢٠٠٣ ڕاژەی لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ سەر مەکتەبی ڕاگەیاندن گوێزرایەوەو لەوێدا، وەك ئەندامی مەکتەب، چەند ئەرکێکی گرتە ئەستۆ وەك سەرپەرشتی کردنی ماڵپەڕو بەشی وەرگێڕان و چاپەمەنیەکان، ماوەیەکیش لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی گۆڤاری میدیای ئەلیکترۆنیی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٤ بەسەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان هەڵبژێردراو تا ساڵی ٢٠٠٨ لەسەر ئەم لێپرساوەتییە بەردەوام بوو.

ساڵی ٢٠١٠ وەك ڕاوێژکار لە بواری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندندا، لە ڕێکخراوی خێرخوازی نێودەوڵەتیی ئاشتی دەستبەکار بوو. پاشان لەو ڕێکخراوە ئەرکی سەرنوسەریی وەرزنامەی «ئاشتی»ی گرتە ئەستۆ.

لە ٢٢ی تەمموزی ٢٠١٩دا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

## فەقێیان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران و هێزێکی جاشەکان لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ لە گوندی فەقێیان لە دۆڵی

ئاكۆيان لە سنوری قەزای رەواندز.

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢دا هێزێکی جاشەکان دزەی کردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی ئاکۆیان و دەورەی گوندی فەقێیانی دا کە بارەگای کەرتی شەهید حەمە زیادی تیپی ١٢ی سۆرانی لێ بوو. ژمارەی جاشەکان خۆی لە قەرەی ١٨٠ جاش دەدا، چەند سەربازێکی سوپای عیراقیشیان بۆ کاروباری لۆجستیکی لەگەڵدا بوو.

سەعات ٥ی بەیانی جاشەکان هێرشیان بۆ سەر بارەگای کەرتەکە دەست پێ کرد. بارەگاکە ١٧ پێشمەرگەی لێ بوو. شەڕ تا سەعات ٧ی ئێوارە درێژەی کێشا بەبێ ئەوەی دوژمن هیچ ئامانجێك بەدی بێنێ. پێشمەرگەکان لە دۆخی بەرگرییەوە چونە دۆخی هێرش بردن. شاڵاوە یەك لە دوای یەکەکانی پێشمەرگە تەنگیان بە جاشەکان هەڵچنی و هەر ئەوەیان بۆ هێشتنەوە کە مەیدانی شەڕ بە بەزیوی بەجێ بێڵن.

لە شەڕەکەدا ١١ جاش کوژران کە تەرمەکانیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما، ١٥ جاشیش بریندار بون، سەرباری بە دیل گرتنی ٩ جاش و یەك سەرباز.

جاشەکان لە کاتی کشانەوەدا کەوتنە بۆسەی هێزێکی دیکەی تیپی ١٢ی سۆران. لەوێش ٨ جاشی تر کوژران و یەکێکیش بریندا بوو.

هێزی پێشمەرگە جگە لەوەی کە زیانی گیانیی بە هێزی دوژمن گەیاند، دەستی بەسەر ژمارەیەك چەکیشدا گرت. بەپێی ئەو راپۆرتەی کە لە ژمارە ٤ی گۆڤاری «پێشمەرگە» بڵاوکراوەتەوە، دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە لە شەڕەکەدا بەمجۆرە بوو: گرتنی ١٧ پارچە چەك (١٣ کلاشنکۆف و ٤ بڕنەو)، دەزگایەکی ١٠٥ی بێسیم، دەزگایەکی هۆکی تۆکی و ٤ دوربینی روسی.

هێزی پێشمەرگە تەنها یەك پێشمەرگەی لە شەڕەکەدا بریندار بوو. لە ١ی تشرینی دووەمدا هێزی پێشمەرگە تەرمی جاشە کوژراوەکانی دایەوە بە کەسوکاریان.

## فەلاح محەمەد



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. ناوی تەواوی فەلاح محەمەد عەلی ئەحمەد. ناسراو بە فەلاحی حەمە بۆر کۆکۆیی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی باوە کۆچەك لەب ناری چیای باڵانبۆ لەن اوچەی هەڵەبجە. هەر لەوێ خراوەتە بەر خوێندن. ساڵی ١٩٦٤ گوازراوەتەوە بۆ هەڵەبجەو لەوێ تا پۆلی یەکەمی ناوەندیی خوێندووە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لەو ماوەیەدا کە بە سەردەمی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری مەفرەزە سەرەتاییەکان دادەنرێ، وەك ڕێپیشاندەرو جێبەجێکەری ئەرکی لۆجستێکی، هاوکارێکی باشی هێزی پێشمەرگە بووە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی نهێنیی بە ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەوە لە لای دەزگا ئەمنییەکان ئاشکرا دەبێ، بۆیە بەر لەوەی دەزگا ئەمنییەکان دەستیان بیگاتێ، پەیوەندی بە کەرتی ١ی هەرێمی ١ی هەورامانەوە دەکا. لەم سۆنگەیەوە دەزگا ئەمنییەکان دایك و باوکیان گرت و بۆ دیوانیەی باشوری عیراق دوریان خستنەوە.

هەر ئەو ساڵە کرایە جێگری فەرماندەی مەفرەزەو

پاشان کرایە فەرماندەی مەفرەزە، دواتریش بووە جێگری فەرماندەی کەرت.

ساڵی ١٩٨٢ سزای دورخستنەوە لەسەر دایك و باوکی لابراو هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی ١١ی هەورامان. ساڵی ١٩٨٥ بە هەمان پلە بۆ تیپی ١٥ی شارەزور گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٧ دوا بەدوای پێکهێنانی تیپی ٣٣ی سورێن، لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی تیپەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٨ کرایە فەرماندەی تیپی ١٥ی شارەزورو پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، دوا بەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پەرەسەندنی جەنگی کیمیایی، لەگوندی کانی دیناری ناوچەی سەردەشت گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٨٩ پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تیپەکانی هێزی پێشمەرگەو کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، کرایە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی شارەزور.

لە قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ راپەڕین، خۆی و چەند کادیرێکی هێزی پێشمەرگە، لەوانە حەمەی حەمە سەعیدو ئەحمەد غەریب دسکەرە ناسراو بە مەلا ئەحمەدی دسکەرەو سەردار ئاوقاتی و خەلیل سەرکانی ئەو ئەرکەیان پێ سپێردرا کە لە نزیك شارو ئۆردوگا زۆرەملێکان بنکە بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی ناوەوەو دەرەوە دابنێن.

ساڵی ١٩٩١ کرایە جێگری هێزی ٣ی هەڵەبجە. ساڵی پاشتر لێپرسراوەتیی فەرماندەیی هێزەکەی گرتە ئەستۆ دواتر گوێزرایەوە بۆ هێزی ٤ی پێنجوێن. پاش یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان، لە فەرماندەیی سلێمانی کرایە بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی فەرماندەیی. ساڵی ١٩٩٤ بۆ لیوای ٢٢ی دوکان گوێزرایەوەو پاشان کرایە فەرماندەی لیوای تایبەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شارەزور. ساڵی ١٩٩٦ کرایە جێگری فەرماندەی لەشکری شارەزورو هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە خولی فەرماندەیی قەڵاچوالاندا کرد.

ساڵی ١٩٩٧ کرایە فەرماندەی لەشکری شارەزور.

ساڵی ١٩٩٨ دەستی لە کارکردن کێشایەوە، روی لە هەندەران کردو لە ئەمریکا نیشتەجێ بوو. ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە بەجێگری لێپرسراوی پشکنینی مەشق دانرا.

ساڵی ٢٠٠٥ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠٠٩ بە ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند دانرا. ساڵی ٢٠١١ کرایە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی و دواتریش لێپرسراوەتیی جێگری لێپرسراوی مەکتەبەکەی پێ سپێردرا.

## فەهیمە سابیر حەمە



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٩ی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر تەواو کردووە و ماوەیەکی زۆر لە خوێندن دابراوە.


ساڵی ١٩٨٤ لە هەولێر پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٥ لە هەولێر هاوسەرگیریی لەگەڵ رەشاد موراد مەلا کردووە کە پێشمەرگەی تیپی ٨٥ ی بەڕانەتی بوو. ساڵی ١٩٨٦ لە رێی حاجی مەمۆوە، پەیوەندیی بە رێکخراوی ئاڵای شۆڕشەوە کرد. لە ٢٥ی نیسانی ١٩٨٧ دا رەشادی هاوسەری، لە کاتی بەسەرکردنەوەی رێکخستنە نهێنییەکانی هەولێردا، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی عیراقەوە دەستگیر

کرا. سەرەڕای ئەشکەنجە و فشاری دەرونی، ڕەشاد هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنی ئاشکرا نەکرد. دەزگا ئەمنییەکان بۆ زیادکردنی فشار لەسەری، فەهیمەی هاوسەری و منداڵە ساواکەیان دەستگیر کرد. سەرەڕای هەموو شتێك، ڕەشاد بەرگەی ئەشکەنجەدانی گرت و دەزگا ئەمنییەکان هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنیان لێ هەڵنەکراند. بۆیە پاش ئەوەی کە لێی بێئومێد بون، لە ٣ی ئابی ١٩٨٧دا ، بەبێ دادگایی، لە ناو بینای بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێر، گوللەبارانیان کرد. گوللەبارانکردنی، کۆتایی بە مەینەتیی فەهیمەی نەهێنا. چوار مانگ پاش گوللەباران کردنی هاوسەرەکەی، فەهیمە ئازاد کرا، بەڵام نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ماڵ چونکە خانووەکەیان لە لایەن ڕژێمەوە دەستی بەسەردا گیرا بوو. بۆیە هەولێری بەجێ هێشت و پەنای بردە بەر گوندی ئیفراز لە ناوچەی بەڕانەتی و لە ماڵی کەمال خورشید ئاغا، کەسایەتیی ناسراوی ناوچەکە، گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩١ بەشدایی لە ڕاپەڕینی هەولێردا کرد. دواتر، لە بواری ڕێکخستنی ژناندا کاری کرد. ساڵی ٢٠٠٤ لە سنوری ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمدا، لە دەزگای شەهیدان کاری کرد و سەرپەرشتیی کاروباری کەسوکاری شەهیدانی هەولێر و دەوروبەری کرد. ساڵی ٢٠٠٥ گەڕایەوە سەر کاری ڕێکخراەیی و لە سنوری کۆمیتەی ڕێکخستنی عەنکاوە لە هەولێر ، بووە لێپرساوی پۆل و هەر ئەو ساڵە، بە تاقیکردنەوەی دەرەکی ، قۆناغی ناوەندیی خوێندنی تەواو کرد. ساڵی ٢٠١٠ بووە لێپرساوی کەرتی ڕێکخستن لە کۆمیتەی ٦ی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر. لە ساڵی ٢٠١١ بەدواوە، بەرپرسی کاری ڕێکخستن بووە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شەهیدان و ئەنفالکراوان. ساڵی ٢٠١٤ بووە بەڕێوەبەری کاروباری زیندانییە سیاسییەکان لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی . ساڵی ٢٠١٥ بە لێپرساوی ڕێکخستنە دێرینەکانی سنوری مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە خوێندنی لە پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر تەواو کرد. ساڵی ٢٠١٨ بۆ جاری دووەم بە لێپرساوی ڕێکخستنە دێرینەکان هەڵبژێردرایەوە.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، لەسەر بازنەی هەولێر ، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ٢٥ی نیسانی ٢٠٢٠ دا لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردی مەکتەبەکاندا، بە لێپرساوی بۆردی توێژینەوە و ڕوناکبیریی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری هەڵبژێردرا. هەر لەو ماوەیەشدا خوێندنی لە بەشی کارگێڕیی کاری کۆلێجی کارگێڕی و ئابوریی زانکۆی جیهان دەست پێ کرد.

## فەیسەڵ ڕەسول خۆشناو



پێشمەرگەی دێرین و ئەفسەرو نوسەر. ناوی تەواوی فەیسەڵ ڕەسول شێخ ئەحمەد خۆشناو ناسراو بە هەڵۆ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی گەڕەکی گلکەندی شاری هەولێر.

لە ساڵی ١٩٧٤دا کاتێك لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا بووە، وازی لە خوێندن هێناوەو بووەتە پێشمەرگە لە هێزی سەفین لەگوندی بالیسانی خۆشناوەتی. ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر دەستی بە خوێندن کردۆتەوە.


ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨١ کاتێك سەرباز بوو لە ناو سوپای عیراق، شانەیەکی ڕێکخستنی پێکهێناو هەر ئەو ساڵە تفەنگێکی کلاشنکۆفی رفاند، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ١٤ی ئاکۆ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. لەم قۆناغەدا پلەی رابەری سیاسیی کەرتی پێ درا. ساڵی دواتر بۆ کەرتی ڕێکخستنی رانیە گوێزرایەوە، دواتر گوێزرایەوە بۆ بەشی دارایی مەڵبەندی ٣و لەوێوە بۆ بەشی راگەیاندنی مەڵبەند.

لە کانونی دووەمی ١٩٨٥دا بەر لەوەی بەیاننامەی پچڕاندنی دانوستان لەگەڵ حکومەتی عیراق بڵاو بکرێتەوە، لە بازگەیەکی حکومەتدا گیراو دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، درایە دادگاو هەشت ساڵ زیندانی حوکم درا. ساڵی ١٩٨٧ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو بەشداریی لە هێرش کردنە سەر بارەگاکانی حکومەتی عیراقدا کرد لە ناو شاری هەولێر.

پاش راپەڕین و دوا بەدوای یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، کرایە ئەفسەر لە هۆبەی هەواڵگریی فەرماندەیی ناوچەی هەولێر لە سەربازگەی شاوێس لە ناحیەی کەسنەزان. لە ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٤دا لە لیوای ٢ی سەربازگەی هەولێر خزمەتی کردووە. ساڵی ١٩٩٥ لە ستافی پەیدۆزی لەشکری ئامادەی هەولێر کاری کردووە. ساڵی ١٩٩٨ بەشداریی خولی ٢ی فەرماندەیی کردووە لە کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان و بە پلەی مولازم دەرچووە. ساڵی دواتر لە کەتیبەی کاتیۆشا کاری کرد. دواتر گوێزرایەوە بۆ بارەگای سەرۆکایەتیی ئەرکانی فەرمانده‌یی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لەوێ لێپرسراوەتیی ئیداریی پی سپێردرا. دواتر گوێزرایەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگەو لە ساڵی ٢٠١١دا لێپرسراوەتیی بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی کەم ئەندامانی گرتە ئەستۆ.

سەرەڕای سەرقاڵبونی بە کاروباری پێشمەرگانە، توانیویەتی بەهرەی نوسین و ئارەزوی هونەرمەندانەی خۆی پەرە پێ بدا. لە ساڵی ١٩٩٢دا بۆتە ئەندام لە تیپی شانۆی چەوساوەکان کە هونەرمەند لالۆ رەنجە سەرۆکی بووەو بەشداریی لە چەند بەرهەمێکی تیپەکەدا کردووە لەوانە شانۆگەریی «پسوڵەی گەڕانێکی خوێناوی»، سەرباری بەشداریی وەك ئەکتەرو راوێژکارو بەڕێوەبەری بەرهەم لە چەند دراماو کورتە فیلمێکی سینارێست و فلیمساز تەحسین فایەق. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩ لە سلێمانی بەرهەمێکی گرنگی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرد کەبەشی یەکەمی فەرهەنگی سەربازیی عەرەبی- کوردییە، سەرباری چەند بەرهەمێکی تر کە زۆرتر بۆ رۆشنبیریی سەربازی تەرخان کراون.

## فەیسەڵ رەشید تاڵەبانی*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ .ناسراو بە سیروان تاڵەبانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٦ی گوندی مامشە لە ناوچەی قەرە حەسەنی پارێزگای کەرکوك. پلەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردوەو لە ساڵی ١٩٦٠ دا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە.

لە سۆنگەی هەژاری‌و دەستکورتییەوە، ساڵی ١٩٦١ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا پاش ئەوەی خوێندنی ناوەندیی تەواو کرد، وازی لە خوێندن هێناو ئەرکی بەخێو کردنی خێزانەکەی گرتە ئەستۆو دەستی بەکرێکاری کرد.

ساڵی ١٩٦٢ بە کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینی کەرکوک دامەزراو هەر لەو ماوەیەشدا بووە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرسراوێتیی لقی کەرکوکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی گرتە ئەستۆ. پاش ئاشکرابونی لە لای دەزگا ئەمنییەکان، روی لە شاخ کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.


دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کرایە بەڕێوەبەری شارەوانیی خانەقین. لەو قۆناغەدا وردە وردە لە بیروباوەڕی چەپ نزیك بوەوە و لە ساڵی ١٩٧٢ دا پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ناو کەرکوك رۆڵێکی بەرچاوی لە ڕێکخستندا گێڕا. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراقدا، بۆ جاری دووەم پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ کەرکوك و لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا درێژەی بە هەڵسوڕانی سیاسیی دا. دوای دەستپێکردنی شاڵاوی گرتن و راوەدونانی ئەندامانی کۆمەڵە، لە کەرکوکەوە گوێزرایەوە بۆ سلێمانی.

لەوێ بە شێوەیەکی کارا بەشدار بوو لە هەوڵەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان بۆ پێکهێنانی دەستە چەکدارە سەرەتاییەکان و خۆیشی لە٣ی ئەیلولی ١٩٧٦دا بۆ جاری سێیەم دەستی بە پێشمەرگایەتی کردەوەو لەگەڵ هەر یەک لە ئەنوەر مەجید سوڵتان و محەمەد مەحمود محەمەد ناسراو بە شێخ شەماڵی باخ و حسێن کەریم قادر مەفرەزەیەکی چەکداری لە شارباژێڕ پێکهێنا. لەم ماوەیەدا لە ناوچەکانی شارباژێڕو پێنجوێن و قەرەداغ رۆڵێکی دیاری بینی. هەر ئەو ساڵە بووە فەرماندەی مەفرەزەو لە ساڵی ١٩٧٧دا بووە فەرماندەی کەرتی یەکی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و دواتریش بووە فەرماندەی هەرێمەکەو لە هەمان کاتدا لێپرسراوەتیی لێژنەی ناوچەی گەرمیانیشی گرتە ئەستۆ.

لە ٣٠ی نیسانی ١٩٧٩، لە کاتێکدا کە لە ناوچەی سەرکردایەتییەوە دەگەڕایەوە بۆ سنوری هەرێمەکەی خۆی، کەوتە بۆسەی جاشەکانەوەو خۆی و ٤ پێشمەرگەی تر کە دووانیان سەردەستەی پێشمەرگە بوون بە ناوی سدیق ئیبراهیم (حاجی چاوشین)و حەسەن حەمە ساڵح مەحمود خاوێ و ئەوانی تر پێشمەرگە بوون بە ناوی نەجات رەحیم کەریم و عەلی چەلەبی، لە نزیك گوندی زێڕین جۆی شارەزوور شەهید بوون.

## فەیسەڵ عەباس عەوڵا

کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی گەڕەکی سەعدوناوای شاری هەولێر. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە.



لەو روانگەیەوە کە لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر بووەو برای شاخەوان عەباسی کادیری پێشکەوتوی کۆمەڵەی رەنجدەران و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان بووە، زوو لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە. بەڵام زۆری نەخایاند لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کراو بۆ ماوەی

دوانزە مانگ خرایە ژێر ئەشکەنجەوە. دوای ئەوەی کە هیچی نەدرکاند و هیچی لەسەر ساغ نەکرایەوە، ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لە ساڵی ١٩٨٤دا کرایە فەرماندەی مەفرەزەو دواتریش کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٥ی بەرانەتی. لە ساڵی ١٩٨٨دا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە سەر سنور. لە ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە ڕاپەریندا کردو بەپێی نەخشەی ڕاپەڕین هەموو ئەو ئەرکانەی جێبەجێ کرد کە پێی سپێردرابون.

پاش پێکهێنانی لەشکری یەکگرتوی کوردستان پلەی موقەددەم لیوای لە فەرماندەیی ناوچەی هەولێر پێ درا. لە ساڵی ١٩٩٤دا کرایە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری‌و ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی فەوجی تایبەتی مەکتەبی عەسکەریی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٩٨دا بووە سەرلەشکر لە فەرماندەیی هەولێر.


لە ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٠ دا کرایە ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی بە پلەی موقەددەم.

ساڵی ٢٠٠٣ بووە کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێرو لە ساڵی ٢٠٠٦دا بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند.

## فەیسەڵ عەلی خورشید



لێکۆڵیاری ئابوریناس. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی شاری خانەقین. تا پۆلی سێی سەرەتایی لە خانەقین خوێندویەتی‌و لە ساڵی ١٩٧٣ دا، لە چوارچێوەی سیاسەتی




ڕاگواستنی دانیشتوانی کوردی خانەقیندا، لەگەڵ خێزانەکەی بۆ هەولێر ڕاگوێزراوە. لەوێ قۆناغی سەرەتایی خوێندنی تەواو کردو دواتر هەردوو قۆناغی ناوەندی‌و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٨٥ لە کۆلیجی کارگێڕی‌و ئابوریی زانکۆی بەغدا وەرگیرا و هەر لەو ساڵەشدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد.

ساڵی ١٩٩٣ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو کرایە ئەندامی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك. لە ماوەی نێوان ١٩٩٩ ـ ٢٠٠١ دا لە وەزارەتی کارو کاروباری ئابوریی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمدا وەك بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتی کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠٢ لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بە ڕاوێژکار دامەزرا.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دا چالاکیی زانستیی بۆ سەنتەری

لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان گواستەوەو لەوێ وەك لێکۆڵیاری ئابوری دەست بەکار بوو. لە ماوەی نێوان کانونی یەکەمی ٢٠٠٥و کانونی دووەمی ٢٠٠٦ دا ئەندامی دەستەی نوسەرانی وەرزنامەی «سیاسەتی نێودەوڵەتان» بوو. هەر لەو ماوەیەشدا وەك ئەندامی دەستەی نوسەران کاری لەگۆڤاری «تێگەیشتنی راستی» دا کردووە کە لقی ئەوروپای سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەری کردووە. لە کانونی دووەمی ٢٠٠٦ ئەرکی سەرنوسەریی گۆڤاری «دوسێی ئێران»ی پێ سپێردرا کەگۆڤارێکە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دەری کردووەو ٢١ ژمارەی لێ دەرچووە.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە چوارچێوەی چالاکییە ئابورییەکانیدا بەشداریی لە دامەزراندنی کۆڕبەندی ئابوریی کوردستاندا کردو هەمان ساڵ بووە جێگری سەرۆکی کۆڕبەندەکە. لە ماوەی نێوان ٢٠٠٧ ـ ٢٠٠٩ دا سەرۆکایەتیی یەکێتیی ئابوریناسانی کوردستانی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١٠ پاش کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە ئەندامی دەستەی راوێژکاری مەکتەبی سیاسی. لە ساڵی ٢٠١٣ دا لە یەکەمین کۆنگرەی کۆربەندی ئابوریی کوردستاندا بە سەرۆکی کۆڕبەندەکە هەڵبژێردرا.

لە ساڵی ٢٠٠٤ بە دواوە چەند خولێکی راهێنانی ئابوریو کارگێڕیو چاکسازیی ئابوری و کارگێڕی لە چین و ئوردون بینیوە.

ساڵی ٢٠١٩ بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئابووریدا لە بەشی ئابوریی کۆلیجی کارگێڕی و ئابوریی زانکۆی سلێمانی بە دەست هێنا و ماستەرنامەکەی کە تایبەت بوو بە تاوتوێ کردنی «رۆڵی سەرمایەی مرۆیی لە گەشەکردنی ئابوریی عیراقدا بە فۆکەس خستنە سەر هەردوو کەرتی فێرکاری و تەندروستی لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ -٢٠١٦دا» بە پلەی نایاب پەسەند کرا.

گرنگترین بەرهەمەکانی: «فێرکاریو پەرەپێدانی داهاتە مرۆییەکان» (بە زمانی عەرەبی) (٢٠٠٨)، «قەیرانی سیستمی ئابوریی نێودەوڵەتی« (٢٠١٢)، «گازی سروشتی لە ململانێی نێودەوڵەتیدا» (٢٠١٢).



## ڤیەننا (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق)

کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا لە ماوەی نێوان ١٦-١٩ی حوزەیرانی ١٩٩٢ کە تێیدا تاڵەبانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رۆڵێکی سەرەکییان لە بەڕێوەبردن و گفتوگۆو بڕیارەکانیدا گێڕاوە.

خۆسازدان بۆ بەستنی کۆبونەوەیەکی فراوان بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق پاش بەستنی خولی یەکەمی کۆنگرەی بەیروت، لە ئازاری ١٩٩٢ دەستی پێ کرد. سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ بەستنی خولی دووەمی کۆنگرەی بەیروت، هیچ دەوڵەتێك لە ناوچەکەدا ئامادەیی تێدا نەبوو کارئاسانی پێشکەش بکا و میوانداریی خولی دووەم بکا. تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش کە پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عیراق هەبوو لەوانە سوریا، لیبیا، ئێران و سعودیە، ئامادەییان بۆ میوانداریی کۆنگرەکە نەبوو. هەمویان، پاش لێدانی عیراق لە جەنگی کوێت و زیادبونی رۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لە لێکەوتە و پێشهاتە سیاسییەکانی عیراق نیگەرانی بون و وای لێ هاتبوو دەترسان هەرەس هێنانی رژێمی عیراق سەرەتای پاشاگەردانییەکی نەخوازراوو کۆنترۆڵنەکراو بێ و ناوچەکە بەرەو ئایندەیەکی نادیار ببات. بۆیە وەڵامی داواکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیان نەدەدایەوەو تەوژمی نارەزاییان لە هەوڵەکانی یەکخستنی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵچوندا بوو.

لەم چوارچێوەیەدا بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەیەك لە دەرەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وردە وردە گەڵاڵە بوو. لەم سەروبەندەدا دکتۆر ئەحمەد چەلەبی دەستپێشخەریی کردو کەوتە گەڕ بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە ماددی و سیاسییەکانی بەستنی

کۆنگرەیەك لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا. ناوەندە ڕۆژئاواییەکان پشتگیریی بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیان لە وڵاتێکی ئەوروپایی کردو پێیان وابوو بەستنی ئەو کۆنگرەیە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەشێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ خۆڕاپسکاندنی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە پاشکۆیی بۆ ئەکتەرە ناوچەییە کاراکان، بەتایبەتی ئێران و سوریا.

لە ئازاری ١٩٩٢ دا ئەحمەد چەلەبی لە لەندەن ڕایگەیاند کە لەگەڵ هەندێ لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن سەرگەرمی پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ئامادەکارە بۆ بەستنی کۆنگرەیەك بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە ناوەڕاستی حوزەیران لە ڤیەننا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتاوە پشتیوانیی لە هەوڵەکانی چەلەبی کردو ئامادەیی تەواوی بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەکەدا دەربڕی. بۆیە کاتێك کۆمیتەی ئامادەکار لە حەوت ئەندام پێك هات، یەکێك لە ئەندامەکانی، دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. شەش ئەندامەکەی تر ئەمانەن: ئەحمەد چەلەبی، دکتۆر لەیس کوببە، محەمەد محەمەد عەلی عەبدولکەریم، هانی فکێکی، محەمەد بەحرولعلوم و دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان.

لە ١٥ی ئازاردا چوار ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکار لە بارەگای لەندەنی ئەنجومەنی عیراقی ئازاد، لەگەڵ چەند نوێنەرێکی لایەنە سیاسییەکانی عیراق کۆبونەوە لەوانە ئەیاد عەللاوی، سەعد جەواد، حسێن حەیدەرو سەعد ساڵح جەبر و پێکەوە پرۆژەی بەستنی کۆنگرەی ڤیەننایان تاوتوێ کرد.

کۆمیتەی ئامادەکار ئۆفیسێکی لە لەندەن کردەوە. لە ئایاردا بانگهێشتنامە ئاراستەی زۆربەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن کراو داوایان لێ کرا بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن. دواتر دەستەی گشتیی کۆنگرە لە ٨٧ ئەندام پێك هات، لەوانە ١٧ ئەندام بونە ئەندامی کۆمیتەی جێبەجێکار. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شەش ئەندامی لە دەستەی گشتی هەبوو کە ئەمانەن: دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید، دکتۆر بەرهەم ساڵح، برایم ئەحمەد، سەعدی ئەحمەد پیرە، سەباح محەمەد سابیر و محەمەد ڕەزا عارف. لە دەستەی جێبەجێکاریش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەك ئەندامی هەبوو کە دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید بوو. شانزە ئەندامەکەی تر ئەمانەن: دکتۆر ئەحمەد چەلەبی، دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان، محەمەد ئالوسی، محەمەد عەبدولجەبار لە حزبی دەعوەی ئیسلامی، مەلا عەلی عەبدولعەزیز لە بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، هانی فکێکی، دکتۆر سەلاح شێخلی لە بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانی، موحسین دزەیی و هۆشیار زێباری لە پارتی دیموکراتی کوردستان، محەمەد محەمەد عەلی عەبدولکەریم لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق، دکتۆر لەیس کوببە، عەزیز قادر سەمانچی لە پارتی نیشتمانیی تورکمان، شێخ سامی عزارە مەعجون لە بزوتنەوەی چاکسازیی نیشتمانی، دکتۆر عەزیز علەییان لە یەکێتیی دیموکراسیخوازانی عیراق، ئەکرەم حەکیم و حسێن شەعلان. دواتر دکتۆر ئەحمەد چەلەبی بە سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکار هەڵبژێردرا.

لیژنەی ئامادەکار پەیپەرێکی بۆ ڕونکردنەوەی ئامانجەکانی کۆنگرەکە دەرکرد، تێیدا جەختی کردە سەر پێویستیی گۆڕینی ڕژێمی سیاسی لە عیراق بە هاوکاریی هەموو لایەنە سیاسییەکان. سەبارەت بە شێوەی چارەسەری مەسەلەی کوردیش، پەیپەرەکە پشتگیریی چارەسەرێکی ئاشتییانەی لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی کردو ڕونی کردەوە کە «یەکێ لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی تازەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق، هەڵوەشاندنەوەی

سیاسەتی جیاکاریی نەتەوەیی و رەگەزی و تایفەگەری و نەهێشتنی سیاسەتی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی و مێژویی ناوچەی کوردستانی عیراق و چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردە بە شێوەیەکی ئاشتییانەو دادپەروەرانە بە چەشنێك کە کورد تەواوی مافە نەتەوەیی و سیاسییە رەواکانی خۆی چنگ کەوێ، بە رەچاوکردنی رەوشی یاسایی و سیاسیی کەمینە نەتەوەییەکانی تری وەك تورکمان و ئاشورییەکان و پەسندکردنی پرنسیپی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا لەسەر بنەمای رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی عیراقدا بە چەشنێك کە پاراستن و پتەوکردنی برایەتیی کوردو عەرەبی لێ بکەوێتە».

لە ١٦ی حوزەیراندا کۆنگرەکە لە ڤیەننا بەسترا. لە دانیشتنی یەکەمدا سەرۆکی شاندەکان وتاریان خوێندەوە. لە ناو هەموو وتارەکاندا، دوو وتار لە گشت وتارەکانی تر بەرچاوترو راشکاوترو کاریگەرتر بون، یەکێکیان وتارەکەی دکتۆر حەسەن چەلەبی بوو کە داوای لە بەشداربووان کرد راشکاوانەو ئازایانە بیرو بۆچونەکانی خۆیان بە بێ سڵکردنەوە لە هیچ شتێك دەربڕن و ئەوی تر وتارەکەی تاڵەبانی بوو کە تێیدا وتی کورد هیوا دەخوازێ لە ئایندەدا ببێ بە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی یەکگرتوی خۆی و بێزاریی لەوە دەربڕی کە دۆخێکی نەخوازراو بە زەبری زۆردارەکی بەسەر کورددا سەپێنراوە و لەم سەروبەندەدا بە شێوەیەکی راشکاوانە داوای سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسینی بۆ گەلی کورد کرد.

هەر لەو دانیشتنەدا پێنج کۆمیسیۆن پێك هێنران کە هەر یەکێکیان لە یەك بڕیاردەرو دوو یاریدەدەر پێك هاتبوو. کۆمیسیۆنەکان بەم جۆرە پێك هێنران:

-کۆمیسیۆنی سیاسی: بڕیاردەر جەلال تاڵەبانی، یاریدەدەرەکان عەبدوللەتیف شەوواف و محەمەد محەمەد عەلی عەبدولکەریم.

-کۆمیسیۆنی دەستور: بڕیاردەر حسێن سەدر، یاریدەدەرەکان برایم ئەحمەد و دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان.

-کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ: بڕیاردەر کەنعان مەککیە، یاریدەدەرەکان ساحب حەکیم و حەسەن خەتیب.

-کۆمیسیۆنی ئابوری: بڕیاردەر سەلاح شێخلی، یاریدەدەرەکان موەفەق فەتتوحی و سینان چەلەبی.

-کۆمیسیۆنی کاری مەیدانی: بڕیاردەر هۆشیار زێباری، یاریدەدەرەکان عیززەت شابەندەرو حامد سالم زیادی.

بە شێوەیەکی گشتی، کاروباری کۆنگرە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە چوو. تاکە بابەت کە مشتومڕێکی زۆری نایەوەو ژمارەیەکی زۆری لایەنە بەشدارەکان ئامادە نەبون بچنە ژێر بارییەوە، بابەتی سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد بوو. تاڵەبانی و نوێنەرانی دیکەی کورد هەوڵێکی زۆریان بۆ چەسپاندنی ئەو مافە دا، بەڵام لە دواییدا مەسەلەکە بە سازان یەکلایی کرایەوەو رێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە دەستەواژەی «بەبێ جیابونەوە» بخرێتە پاڵ مافی چارەی خۆنوسین. ئەو فۆرمەی کە بە سازان رێککەوتنی لەسەر کرا، بەم جۆرە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرە چەسپێنرا: «کۆنگرە راستیی هەمەجۆری و فرەیی کۆمەڵگای عیراقی لە روی سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبییەوە سەلماندو کۆدەنگ بوو لەسەر پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانیی گەلی عیراق و یەکسانیی تەواو لە نێوان هەموو هاووڵاتییان و مافی چارەی خۆنوسین بە بێ جیابونەوە بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی یەك نیشتماندا». هەرچەند ئەو فۆرمەی کە رێککەوتنی لەسەر کرا، سنورێکی بۆ مافی چارەی خۆنوسین دانا بوو، بەڵام تاوتوێ کردن

و پەسندکردنی پرنسیپی مافی چارەی خۆنوسین، تەنانەت بە بێ مافی جیابونەوەش، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی پێشکەوتوو بوو کە کلێشە کلاسیکییەکانی ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمیی راستەقینەی تێپەڕاندو رێی بۆ داواکردنی فۆرمی لە ئۆتۆنۆمی پێشکەوتوتر خۆش کرد. وردتر، فۆرمە هەمووارکراوەکە زەمینەیەکی لەباری بۆ هێنانە ئارای بابەتی فیدرالیزم ساز کرد. ئەمەش لە کۆنگرەی داهاتوی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق کە لە ماوەی ٢٧-٣١ی تشرینی یەکەم لە سەلاحەددین (پیرمام) بەسترا، رەنگدانەوەی ئەرێنیی لەسەر تێپەڕاندنی تێزی فیدرالیزم هەبوو. ئەو لێك تێگەیشتنەی کە لە ڤیەننا هاتە ئاراوە، مۆرکێکی ناوخۆیی بە مافی چارەی خۆنوسین دا کە لە چوارچێوەیدا هیچ بەربەستێك لە بەردەم تاوتوێ کردنی شێوەکانی رێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند نەماو مەسەلەی کوردی لە قۆناغی ئۆتۆنۆمییەوە بردە قۆناغی مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆیی.

کۆنگرە جگە لە پشتگیری کردنی مافەکانی کورد، لە بەیاننامەی کۆتاییدا پشتیوانیی لە مافە نەتەوەیی و کارگێڕی و رۆشنبیرییەکانی تورکمان و ئاشورییەکانیش کردو هەروەها جەختی کردە سەر پێویستیی هەڵگرتنی زوڵم و زۆر لەسەر شیعە کە زۆرینەی دانیشتوانی عیراق پێکدێنن.

بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکە جەختی کردە سەر «کاراکردنی بزوتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و خۆڕێکخستنەوەی و گەشەپێدانی کارەکەی لەپێناوی هێنانە دیی گۆڕانی خوازراوو دامەزراندنی رژێمێکی دەستوری، پەرلەمانی، دیموکراتی فرەیی کە جیاوازیی رەگەزی و شۆڤێنی و تایفەگەری ناهێڵێ، دەوڵەتی یاساو دەزگا دەستورییەکان دادەمەزرێنێ، رێز لە بیروباوەڕی گەل دەگرێ کە خۆی لە ئیسلامدا دەبینێتەوە و هەروەها رێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێ، بەتایبەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ئازادییە گشتییەکان بۆ گەل دەسەلمێنێ، سیاسەتی دراوسێتیی باش لەگەڵ دراوسێکانی پیادە دەکات، بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و پەرەپێدان و پەرەسەندن و خۆشگوزەرانیی ناوچەکەش هاوکارێکی کارا دەبێ، سیاسەتی دەستدرێژی رەت دەکاتەوەو رێز لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامەی کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و برایەتیی عەرەبی و ئیسلامی و بنەماکانی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دەگرێ».

بڕیاردان لەسەر مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆیی لە کۆنگرەی ڤیەننا، هاندەر بوو بۆ بیرکردنەوە لە دابین کردنی میکانیزمی گونجاو بۆ بەرجەستەکردنی بڕیارەکە بە شێوەیەکی کردەیی. لەم سەروبەندەدا لە کاتێکدا کە کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوی عیراق سەرقاڵی ئامادەکاری بوو بۆ بەستنی کۆنگرەی داهاتوو لە سەلاحەددین (پیرمام)، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە پێش بەستنی کۆنگرەی سەلاحەددین و لەسەر بنەمای لێك تێگەیشتنەکانی ڤیەننا، فیدرالیزم وەك بنچینەی رێکخستنی پەیوەندیی سیاسی و یاسایی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند رابگەیەنن. بەپێی ئەو رێککەوتنە، پەرلەمانی کوردستان لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢، نزیکەی سێ هەفتە پێش بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە سەلاحەددین، بڕیاریدا پەیوەندیی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند لەسەر بنچینەی یەکێتیی فیدرال رێك بخاتەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*بەیروت (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق).

*سەلاحەددین (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق).

*مافی چارەی خۆنوسین (پرنسیپ).

## ڤیەننا (کۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەر)

کۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڤیەننای پایتەختی ئۆستریا (نەمسا) لە نیسانی ١٩٧٦. بەشداربووانی کۆبونەوەکە هەر یەك لە تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، دکتۆر کەمال فوئاد، عومەر شێخموس، عادل موراد و دکتۆر فوئاد مەعسوم بون. ئەندامی حەوتەمی دەستەکە، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا، لەبەر سەرقاڵبونی بە هەندێ کار لە سوریا، ئامادەی کۆبونەوەکە نەبوو.

ئەم کۆبونەوەیە دوایین کۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەر بوو لە ئەوروپاو تێیدا پێداچونەوەیەکی گشتی بە پلانە دانراوەکاندا کراو بارودۆخی سیاسیی هەرێم هەڵسەنگێنرا. کۆبونەوەکە لەسەر دوو بڕیاری گرنگ گیرسایەوە. یەکێکیان کارکردن بوو بۆ پەرەپێدانی جموجوڵی سیاسی لە ئەوروپا. ئەم کارە بە دکتۆر کەمال فوئاد و عومەر شێخموس سپێردرا کە یەکەمیان لە ئەڵمانیا دەژیاو ئەوی تر لە ئەمریکا نیشتەجێ ببوو. بڕیاری دووەم پەیوەندیی بە پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارەوە هەبوو و لەم رووەوە کۆبونەوەکە بڕیاری دا هەنگاوی کارا بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە بنرێ. بڕیاری دووەم لە ژێر کاریگەریی چەند فاکتەرێکدا بوو، لەوانە کەوتنە گەڕی حکومەتی عیراق بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی راگواستنی گوندەکانی سەر سنوری عیراق- ئێران و عیراق- تورکیا، لە خانەقینەوە تا زاخۆ. لەم سەروبەندەشدا، بەپێی زانیارییەکان، چاوەڕوان دەکرا لە ناو وڵات چەند جوڵانەوەیەکی خۆبەخۆو پەراگەندەو لێك دابڕاو لە ناو خێڵەکان، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باڵەکایەتی و پشدەر، دژی راگواستن بەرپا ببن، بەتایبەتی کە خێڵەکان گروپی گەورەیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی راگواستن پێکهێنا بوو و نیازی بەرگرییان هەبوو. کۆبونەوەکە لاریی لە دەست دانە چەك و روبەڕوی هەوڵەکانی راگواستنی زۆردارەکی نەبوو، بەڵام نەیدەویست جوڵانەوەکە بەرگێکی خێڵەکی وەرگرێ، بەتایبەتی کە شێوەی شەڕی خێڵەکان لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی شەڕی پارتیزانیدا نەدەسازا، جگە لەوەی کە ئەزمون نیشانی دابوو کە شەڕی خێڵەکان لێی رانابینرێ بتوانێ واتای سیاسیی جەنگ بەرجەستە بکات. هەروەها ترس هەبوو نەبا شەڕی خێڵەکان لەو قۆناغەدا ئاڵۆزیی گەورەی لێ بکەوێتەوە، بەتایبەتی لەو گۆشە نیگایەوە کە شەڕی خێڵەکان، بە پێچەوانەی شەڕی پارتیزانییەوە، نزمترین ئاستی دیسپلینی هەیە.

سەرباری ئەم فاکتەرانە، هۆی تریش بۆ پەلەکردن لە پێکهێنانی یەکەی چەکدار و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار هەبوو. لە لایەك سوریا و لیبیا بەڵێنیان بە تاڵەبانی دابوو کە پشتگیریی هەوڵەکانی بکەن بۆ زیندوکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان. سورییەکان زوو بەڵێنەکەیان بەجێ هێنا بوو، سەربازگەیان بۆ مەشق پێکردنی یەکە چەکدارەکان تەرخان کردبوو و کەمتەرخەمییان لە دابین کردنی پشتیوانیی سیاسی نەکردبوو. لیبییەکان ئامادەیی ئەوەیان دەربڕی بوو کە لە ڕوی ماددییەوە پشتیوانی لە هەوڵەکە بکەن. لەم سەروبەندەدا سۆڤێتەکان پاش واژۆکردنی رێککەوتننامەی جەزایر، لە سیاسەتی عیراق نیگەران بون و بە دوای هۆکاری فشاردا دەگەڕان. پێیان وابوو دەرچونی کورد لە هاوکێشەکە، لە بەرژەوەندییاندا نیەو لە رێی کەناڵێکی تایبەتەوە ئەو پەیامەیان بە تاڵەبانی گەیاندبوو کە یەکێتیی سۆڤێت پشتگیریی هەر هەوڵێکی کورد بۆ بەدەستهێنانەوەی دەستپێشخەری دەکات. لە سەرێکی ترەوە، باڵی چەپی سەر بە سوریای حزبی بەعسی عیراق پلانی

ئەنجامدانی کودەتای لە ناو عیراق بە دەستەوە بوو و دڵنیایی دابوو کە لە هەلومەرجی گونجاوداو لە ماوەیەکی نزیکدا دەتوانێ ڕێکخستنە بەربڵاوەکانی لە ناو دامەزراوەی سوپایی و ئەمنیی عیراق بجوڵێنێ و دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ. هەر سێ وڵات، سوریاو لیبیا و یەکێتیی سۆڤێت، پەست بون لە بادانەوەی ڕژێمی عیراق بە لای ئێران و ڕۆژئاواداو ئەمەیان بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆیان دەزانی.

کۆبونەوەکە بەرنامەی گونجاوی بۆ هەموو ئەگەرەکان داڕشت و میکانیزمی دیاریکراوی بۆ شێوەی کارکردن دانا. لە کۆبونەوەکەدا ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە یەکسەر لە دوای کۆبونەوەکە تا حوزەیران کار بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکان بکرێ.

پاش کۆبونەوەکە پەرە بە پەیوەندییەکان درا لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ناو وڵات و داوایان لێ کرا دەست بە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی پێکهێنانی یەکەی چەکدار بکەن، فەرماندەییەکی ناوەندی بە هەماهەنگیی هەر یەك لە کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیست پێك بهێنن و بەو چەشنە کار بکەن کە کۆمیتەی هەرێمەکان لە سلێمانی و کەرکوك بکەوێتە گەڕو بزوتنەوەی سۆسیالیست لە هەولێر جموجوڵ بکات، بادینانیش بۆ دەستەی دامەزرێنەر بهێڵدرێتەوە.

لە ئایاری ١٩٧٦ دا دەستەی دامەزرێنەر بۆ بەدواداچونی شێوەی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆبونەوەی ڤیەننا کۆبۆوە. لەو کۆبونەوەیەدا تاڵەبانی نەخشەی ڕزگاریی پێشکەش کرد کە تێیدا تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە ستراتیجی کاری پێشمەرگانەو میکانیزمەکانی کارکردن خستە ڕوو.

لە ڕوی مێژووییەوە، کۆبونەوەی ڤیەننا بایەخێکی زۆری هەیە چونکە لەو کۆبونەوەیە خاڵە سەرەکییەکانی نەخشە ڕێگای قۆناغی پاش ڕێککەوتننامەی جەزایر دانران و دوای کۆبونەوەکە دەم و دەست کار بۆ جێبەجێ کردنیان کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:
* ڕزگاری (نەخشە).



ق

## قادر حاجی عەلی



کادیری پێشکەوتوی ڕێکخستنەکانی ناو شارو پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووەو دەرچوی کۆلیجی زانستەکانی زانکۆی سلێمانییە.

ژیانی سیاسیی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ دەست پێدەکا، کاتێك چۆتە ناو یەکێ لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. هەر لەو ماوەیەشدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو کاری تێدا کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ کۆتایی هاتنی قۆناغی ئاشتی و دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بووە پێشمەرگە لەبەتالیۆنی ٤ی هێزی خەبات. ساڵی دواتر، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و دەستی بە خوێندن کردەوە. ساڵی ١٩٧٦ خوێندنی دواناوەندیی تەواو کردو لە بەشی جیۆلۆجیی کۆلیجی زانستەکانی زانکۆی سلێمانی وەرگیرا.

ساڵی ١٩٧٨ ئەرکی سەرپەرشتی کردنی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانی پێ سپێردرا. بەم پێیە، لەماوەی ٥-٩ی ئابی ١٩٧٨ کۆنفرەنسێکی نهێنیی لە سلێمانی ڕێکخست کە تێیدا پڕۆگرام و پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ ڕێکخراوەکە دانراو سکرتاریەتێکی تازە لە شەش ئەندام، کە خۆی سەرپەرشتیاریان بوو، هەڵبژێردرا. ڕێکخراوەکە تەونێکی ڕێکخراوەیی پتەوی لەناو خوێندکاراندا دروست کردو گەشەیەکی بەرچاوی کرد، بەتایبەتی لە زانکۆکانی بەغداو سلێمانی و موسل.

ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی لە زانکۆ تەواو کردو بەیاریدەدەری جیۆلۆجی لە بەنداوی موسل دامەزرا. لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی یەکێ لەدوو کۆمیتەکەی ڕێکخستنی هەولێری کردو سەرپەرشتی کردنی کۆمیتەکەی تر بۆ کۆسرەت ڕەسول عەلی هێشتەوە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی لە ناوچەی شارباژێر دەست پێ کرد. هەر ئەو ساڵە لە ناوزەنگ، لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی، گیرسایەوەو پاش پێکهێنانی دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵە، لەگەڵ هەر یەك لەمەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، ئاوات عەبدولغەفورو عەلی بچکۆل بووە ئەندامی دەزگاکە. ساڵی دواتر بەشداریی لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کرد لە ناوزەنگ و پاش کۆنفرەنسەکە چەردەیەك ئەرکی سەبارەت

بە سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکان و کۆنفرەنسە ناوخۆییەکانی ڕێکخستن پێ سپێردرا.

لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣ لە سەروبەندی واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاگربڕو دەستپێکردنی وتوویژ لە نێوان حکومەتی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەك ڕاوێژکار یاوەریی ئەو شاندەی یەکێتیی کرد کە لەگوندی زیخانی ناوچەی خۆشناوەتی بە هەلیکۆپتەر گوێزرایەوە بۆ بەغدا.

ساڵی ١٩٨٤ لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لە هەواری کانی سێوی بناری چیای پیرەمەگرون لەدۆڵی مێرگەپان بەسترا، بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش کۆنفرەنسەکە بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە هەمان کاتدا لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٢ی لەسەرگەڵوو پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی کارای لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی سنوری مەڵبەندەکەدا گێڕاوە، بەتایبەتی ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج لەساڵی ١٩٨٥ کە بەیەکەم گەورەترین شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراق پاش ناکامیی وتوویژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق دەژمێردرێ، سەرباری شەڕەکانی قەیوان- ماوەت و ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی کارێزە لە ساڵی ١٩٨٦.

بەهۆی ڕۆڵی دیاری لە پێشمەرگایەتیدا، دەزگا ئەمنییەکان لە سلێمانی تەنگیان بەبنەماڵەکەی هەڵچنی، سێ جار دایك و باوکی و برایەکیان گرت، جارێکیان بۆ شاری ڕوتبەی پارێزگای ئەنبار، لە نزیك سنوری عیراق لەگەڵ هەر یەك لە سوریاو ئوردون و سعودیە، دوریانخستنەوەو جارێکی تر بۆ شنگال، جاری سێیەمیش لە ساڵی ١٩٨٥ لە سلێمانی دەستگیر کران و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسوکاری پێشمەرگە لەسورداش رەها کران و هەڕەشەیان لێ کرا کەنەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ١ی پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی سەر بەو مەڵبەندە، لەچوارچێوەی ستراتیجە پەیڕەوکراوەکاندا، ئۆپەراسیۆنی زۆر کاریگەریان لەدژی هێزەکانی عیراق لەسنوری مەڵبەندەکەدا ئەنجام داوە لەوانە چەند ئۆپەراسیۆنێك کەخودی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی کردووە وەك ئۆپەراسیۆنی گرتنی فەوجی ١٠٤ی چەرمەگا، سەرباری چەند ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی دیکە کە مەڵبەندی ٢ نەخشەی بۆ داناوە لەوانە ئۆپەراسیۆنی گڵەزەردە و شەڕی دارەڕەش لە ساڵی ١٩٨٧.

لە سەروبەندی یەکەمین شاڵاوی ئەنفال بۆ سەر دۆڵی جافەتی، بەهێزێکی زۆرەوە لەگوندی سێوسێنانی قەرەداغەوە خۆی گەیاندە بەرەکانی شەڕو بەشدارییەکی کارای لەبەرپەرچدانەوەی هێرشەکاندا کرد. پاش شاڵاوەکە لە ڕێی ئێرانەوە گەڕایەوە بۆ سنوری مەڵبەندی یەك، بەڵام فریا نەکەوت بەشداری لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی دووەمی ئەنفالدا بکا چونکە شاڵاوەکە کۆتایی هاتبوو، ناوچەی قەرەداغیش گیرا بوو. لەسێیەمین شاڵاوی ئەنفالدا بۆ ماوەی هەفتەیەك بەرگریی کردو دواتر لەگەڵ هێزەکاندا کشایەوە بۆ ناوچەی شوان، ئینجا بۆ دەشتی کۆیەو لەوێوە بۆ سنوری مەڵبەندی سێ. لەوێ بارەگای مەڵبەندی یەکی لەگوندی سورەدێ دانا. لەو ماوەیەدا، لەگەڵ هێزەکانی مەڵبەندی سێ، بەشداریی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا کردو لە شەڕەکانی سورەدێ، ساوێن و گۆرتسوێ

بەرگرییەکی کارای کرد.

دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، بارەگای مەڵبەندی ١ی لەگوندی بلەکێ داناو دەستی بە ڕێکخستنەوەی هێزەکان کرد.

لە ئەیلولی ١٩٩٠دا لە سەقز لێپرسراوەتیی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پێ سپێردرا، بەڵام وەرگرتنی ئەم لێپرسراوەتییە ڕێگر نەبوو لەبەردەوامبونی لەسەر لێپرسراوەتیی مەڵبەندی یەك. لەکاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ڕۆڵێکی کارای لە ئاراستەکردنی گوتاری سیاسیی میدیاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا گێڕا. پاش ڕزگارکردنی سلێمانی و هەولێرو دهۆك، بە هێزێکەوە بەشداریی لە ئۆپەراسیونی ڕزگارکردنی کەرکوکدا کرد.

دوای ڕاپەڕین خۆی بۆ لێپرسراوەتیی مەکتەبی ڕاگەیاندن تەرخان کرد. لە کۆبونەوەکانی خەلیفانی بەرەی کوردستانیدا بە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانراو دواتریش لێپرسراوەتیی ئۆفیسی پارێزگای سلێمانیی بەرەی کوردستانیی گرتە ئەستۆ.

لەکۆبونەوەی نیسانی ١٩٩١ی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا، لەگەڵ هەر یەك لە کۆسرەت ڕەسول عەلی، جەبار فەرمان و عومەر فەتاح، کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، دواتریش بوو بەئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەردەوامیش بوو لەسەر لێپرسراوەتیی مەکتەبی ڕاگەیاندن. لەسەردەمی لێپرسراوەتیی ئەودا، بناغەیەکی تازە، گونجاوترو هاوچەرختر، بۆ کاری میدیایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرا بە جۆرێك کە بتوانێ بە شێوەیەکی باشتر گوزارشت لەپێداویستییەکانی قۆناغی پاش پێشمەرگایەتی بکات. لەو ماوەیەدا هەردوو ڕۆژنامەی «ڕێبازی نوێ» و «شەرارە» ڕاگیران و ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ« و «ئیتتیحاد» جێیان گرتنەوە، هەر لەو ماوەیەشدا کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، کە یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردییە پاش ڕاپەڕین، لەسلێمانی دامەزراو دواتریش کەناڵێکی تر لە هەولێر کرایەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣دا لێپرسراوەتیی سەرنوسەری ڕۆژنامەی «ئیتتیحاد»ی گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە وازی لە لێپرسراوەتیی مەکتەبی ڕاگەیاندن هێناو لێپرسراوەتیی دەزگای زانیاریی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩٥چووە دەرەوەی وڵات و لەبریتانیا گیرسایەوە. لەوێ سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد و لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی دەرکردنی دوو ڕۆژنامەی کرد، یەکێکیان چاپی دەرەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیەو ئەوی تر ڕۆژنامەیەکی عەرەبییە بە ناوی «مەنار». ساڵی ١٩٩٨ گەڕایەوە بۆ کوردستان وکرایە ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی.

ساڵی ٢٠٠٠ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا. ساڵی ٢٠٠٩ پشتگیریی لەهەوڵەکانی نەوشیروان مستەفا کرد بۆ بەشداری کردن لەهەڵبژاردنی پەرلەمان بەلیستێکی سەربەخۆ. لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی دامەزراوە میدیاییەکانی سەتەلایتی KNN و سایتی «سبەی» و ڕۆژنامەی «ڕۆژنامە» و ڕادیۆی «گۆڕان»ی کردو لە ساڵانی دواتردا، پاش کردنی لیستی گۆڕان بە قەوارەیەکی سیاسی، وەك هەڵسوڕاوێکی بزوتنەوەکە بەردەوام بوو لەسەر کارکردن تێیدا.

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠دا لە شاری سلێمانی بە هۆی کۆرۆناوە کۆچی دوایی کرد.

# قادر حەمە جان




پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی دەستەی کارگێڕ. ناوی تەواوی قادر حەمە جان عەزیز ناسراو بە حاکم قادر. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧٦ لەکۆلێجی یاساو سیاسەتی زانکۆی بەغدا وەرگیراوەو ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا بەدەست هێناوە.

سەرەتای ژیانی سیاسیی بۆ ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك پەیوەندیی بە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوە کردو هەمان ساڵ لە ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان رێك خرا. ساڵی ١٩٧٨ وەك ئەندام لە ڕیزی کۆمەڵە وەرگیرا.

ساڵی ١٩٨١ لە ناوچەی شارباژێڕ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەوێوە چوو بۆ ناوچەی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ دروستبوونی مەڵبەندەکاندا کرا بەدادوەر لە دادگای شۆڕش لەگوندی حاجی مامەند لە سنوری مەڵبەندی یەك لە شارباژێڕ.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەرکی سەرەکیی یەکلاکردنەوەی کێشە یاساییەکان بوو لەدادگای شۆڕش، لە بەشێکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەشدا بەشداریی کرد، بەتایبەتی لە سنوری قەرەداغ و گەرمیان، لە




تیپەکانی ٥٥ی قەرەداغ و ٥٧ی سەگرمەو ٥١ی گەرمیان.

ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ کۆمەڵێك یاساناس و پارێزەری سەر بە هەموو لایەنە سیاسییەکان، بەشداریی کرد لە دامەزراندنی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستاندا بە مەبەستی پەرەدان بە جوڵانەوەی سەندیکایی و چەسپاندنی بنەماکانی یاساو داد لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا.

ساڵی ١٩٩٣ بەشدار بوو لە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتیی هەرێم و تا ساڵی دواتر جێگری بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوو. پاش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، تا ساڵی ١٩٩٦ ئەرکی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتیی گرتە ئەستۆو لە

ماوەی ١٩٩٤- ١٩٩٧دا کرایە بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم.

لە ماوەی ١٩٩٨- ٢٠٠١ پارێزگاری سلێمانی بوو. لە هەڵبژاردنی ٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٠ی شارەوانییەکاندا، وەك کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی هەڵبژێردراو تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ لەو پۆستە مایەوە. لەو ماوەیەی کە لە شارەوانیدا خزمەتی کردووە، پشتگیریی دەرکردنی گۆڤاری «سلێمانی»ی کردو بووە خاوەنی ئیمتیازی. هەر لەو ماوەیەشدا توانی پرۆتۆکۆلی دەستەخوشکیی نێوان شاری سلێمانی و شاری تووسان لە ئەمریکا بەدەست بێنێ.

ئەندازەی سەرکەوتنی وەك سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، ئەوەندە دیارو سەرنجڕاکێش بوو، کە تاڵەبانی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا وتارێکی بە ناونیشانی «ئەنجومەنی شارەوانی لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی شاردا» لە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لەسەر ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی نوسی و سەرسامبونی خۆی بە ئاستی بەرزی خزمەتگوزارییەکان نیشاندا. وتارەکە تێیدا هاتبوو «سەرنجێکی دڵسۆزانەو بابەتی لە کارو کردەوەکانی شارەوانیی سلێمانی لە رۆژی هەڵبژاردنییەوە، بە بەشداریی هەموو ئەندامەکانی و بە سەرۆکایەتیی رۆڵەی کۆڵنەدەری گەلەکەمان کاك قادر حەمەجان، بۆمان دەردەخات کە چەند زۆر خزمەتی شارەکەی سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانی بەگشتی و گەڕەکە نەدارەکانیان بە تایبەتی، کردووە».

لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٩ گەڕایەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان و تا ساڵی ٢٠١١ لەو پۆستە مایەوە.

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە ساڵی ٢٠١٠دا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو پاشتر لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراو پاشان کرایە ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی کە لە سێ ئەندام پێکدێ.

لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١٨دا لێپرسراوەتی مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانیی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بووە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی.

بابەتی پەیوەندیدار:

* یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان.

## قادر حەمە ساڵح*



پێشمەرگە و کادیری رێکخستن. ناسراو بە حاکم قادر رەباتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی شارۆچکەی سەنگاو. ساڵی ١٩٦٨ لە سەنگاو خرایە بەر خوێندن بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ دا بە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بە خانەوادەوە ئاوارەی ئێران بوو و هەر لەوێش پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو کرد. ساڵی دواتر، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش گەڕایەوە بۆ سەنگاو و لەوێ خوێندنی ناوەندیو

ئامادەیی تەواو کرد. لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨١ لەگوندی خاوێ پەیوەندیی بە مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووە پێشمەرگە.


لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا رۆڵی بەرچاوی هەبوو. لەم رووەوە بەتایبەت ئاماژە بۆ رۆڵی باڵای لە شەڕی ژاڵەی دەربەندی بناری چیای سەگرمە لە نیسانی ١٩٨٢دا دژی هێزێکی گەورەی سوپای عیراق و جاشەکان دەکرێ، هەروەها بەشدارییەکی دیاری لەگرتنی رەبیەی گوندی کەڵەڕەشدا هەبووە لە ئەیلولی ١٩٨٢دا لە سنوری تیپی ٥٧ی سەرگرمەدا.

لە ساڵی ١٩٨٣دا کرایە کادیری رێکخستن لە سنوری کەرتی رێکخستنی دوزخورماتوو. لەو ماوەیەدا زۆرتر وەك کادیری ناو جەماوەر کاری کردووە. لەم سەروبەندەدا بە هۆی ئەوەی کە سنوری هەڵسوڕانی سنورێکی ئاڵۆزو پڕ کێشمەکیش بووە، زۆربەی جار چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەی نێوان گوندییەکانی پێ سپێردراوە. لەم سۆنگەیەوە، سەرقاڵبونی بە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەو سەرەنجامە گەیشت کە نازناوی «حاکم»ی پێ ببەخشرێ، چونکە بە کردەوە رۆڵی دادوەری لە ناوچەکەدا دەگێڕا. ساڵی ١٩٨٦ وەك کادیرێکی کۆمەڵایەتی بۆ تیپی ٥٩ی حەمرین گوێزرایەوە.

لە پێشمەرگایەتیدا بەشداریی چەندین شەڕو نەبەردی کردووە لەوانە شەڕ و چالاکییەکانی سەرقەڵا، سەر رێگای دوزخورماتوو ـ کفری، سەر رێگای قادر کەرەم ـ سەنگاو، چەمچەماڵ، سەرباری بەشداریی لە هەردوو ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٦ی گرتنی سەنگاوو ئۆپەراسیۆنی قەیوان ـ ماوەت.

لە ئازاری ساڵی ١٩٨٨ لە کاتێکدا کە هێزەکانی عیراق دەستیان بە ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفالی ٢ی ناوچەی قەرەداغ کرد، بەشێکی زۆری هێزەکانی گەرمیان بۆ بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالەکان برابونە دۆڵی جافەتیو ناوچەی مەرگەو هێشتا نەگەڕابونەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، بۆیە ئەرکی ئەو پێشمەرگانەی لەگەرمیان مابونەوە، زۆر قورس بوو. لەو هەلومەرجەدا هێزەکانی عیراق دوای گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ، بەرەو گوندەکانی شێخ رەشیدو ئاجداغ و سنوری سەگرمەو سەنگاو پێشڕەوییان کرد. لەم سەروبەندەدا قادر حەمە ساڵح لەگەڵ چەند مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی پێشڕەویی هێزەکانی عیراق، روی کردە گوندی ئاجداغ. لە٣١ی ئازاری ١٩٨٨دا لە شەڕێکی سەختدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق لەگوندی ئاجداغ، بە سەختی بریندار بوو و هەر لەوێ شەهید بوو. تەرمەکەی برایە گوندی زستانە و لەوێ بە خاك سپێردرا.

## قادر حەمە ساڵح رەزا



پێشمەرگەو کادیری رێکخستن. ناسراو بە قادر بیستانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٧ی گوندی بیستانی سەر بە قەزای پێنجوێن. خوێندنی سەرەتایی لەگوندەکەی خۆی تەواو کردووە. پاش بەڕێوەچونی بەرنامەی راگواستنی گوندەکانی پشتێنەی ئەمنیی سەر سنور کە رژێمی بەعس تازە دەستی پێ کردبوو، گوندی بیستانیش بەر راگواستن

کەوت و دانیشتوانەکەی لە پێنجوێن نیشتەجێ کران. لەم سۆنگەیەوە، قادر خوێندنی ناوەندیی لە پێنجوێن و دواتریش ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٨٩دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیجی زمانی زانکۆی بەغدا بەدەست هێنا.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو دوای یەکگرتنەوەی بزوتنەوەو هێڵی گشتیو پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە ناو یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا درێژەی بە پەیوەندییەکەی دا.


ساڵی ١٩٨٩ لە سنوری قەڵادزێ پەیوەندیی بە بنکەکانی سەر سنوری هێزی پێشمەرگەوە کردو دواتر لەگوندی بلەکێ لە بارەگای بەتالیۆنی ٧ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ئەرکەکانی وەك پێشمەرگە بە ئەنجام گەیاندو هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ هەڤاڵانی دێرینی ڕێکخستندا بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی شلێری لە ئۆردوگای نەسر کردەوە. هەمان ساڵ لەگەڵ کردنەوەی بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی پێنجوێن، وەك کادیر لەو کۆمیتەیە دەست بەکار بوو.

ساڵی ١٩٩٦ دوا بەدوای هاوپەیمانیی ڕژێمی بەعسو پارتی دیموکراتی کوردستان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ئۆردوگای ئاوارەکانی سەیرانبەند کرایە کارگێڕی کۆمیتە. لە ماوەی ١٩٩٧-٢٠٠٣دا لێپرسراوەتیی چوار کۆمیتەی ڕێکخستنی لە شلێر، پێنجوێن، هەڵەبجەی تازەو تانجەرۆ پێ سپێردراوەو لە ساڵی ٢٠٠٤دا کراوەتە کارگێڕی مەڵبەندی ٩ی شارەزور. ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی بەشی هەڵبژاردنی مەڵبەندی گرتۆتە ئەستۆو لەم بوارەدا سەرپەرشتیی چەند خولێکی کردوەو وانەی تێدا وتۆتەوە.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی یەدەکی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردراو لە ساڵی ٢٠١٢دا کرایە ئەندامی ئەنجومەن.

## قادر خەبات



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی قادر حەمە مینە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٧ی گوندی خەزێنەی بناری چیای قەندیل لە ناوچەی باڵەکایەتی. ساڵی ١٩٥٥، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، ژیانی سیاسیی دەست پێ کردووەو چۆتە ریزی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو کاتەی پارتی دیموکراتدا بۆ بەهێزکردنی پێگەی لە ناو جوتیاراندا، کراوەتە لێپرسراوی ڕێکخراوی سەرشێخان.

ساڵی ١٩٦١ بەشدار بوو لە یاخیبونی خێڵەکان لە دژی حکومەتی جەنراڵ عەبدولکەریم قاسم. هەرچەند یاخیبونەکە سەرکوت کرا، بەڵام باڵی برایم ئەحمەد هەلەکەی قۆستەوەو جڵەوی هەراکەی لە دەست خێڵەکان دەرهێناو یاخیبونەکەی کرد بە شۆڕشێکی نەتەوەیی. قادر خەبات لەوساوە وەك پێشمەرگە ژیانی بەسەر بردووەو لە پێشمەرگایەتیدا چەندین پلەی بڕیوە.

یەکێ لەگرنگترین وێستگەکانی ژیانی سیاسیی، پەیوەندی کردنێتی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٧٢. ئەم

هەڵوێستە ئاماژەیەکی ڕونە بۆ ڕەسەنیی هەستی چینایەتییو قوڵیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی. لە ساڵی ١٩٧٤دا دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، ئەرکەکانی خۆی وەك پێشمەرگە جێبەجێ کرد. لە ساڵی ١٩٧٥دا کاتێك بڕیاری کۆتایی هێنان بە شۆڕش دراو داوا لە پێشمەرگە کرا چەك دابنێو خۆی ڕادەستی سوپای عیراق بکا یان ببێ بە پەنابەر لە ئێران، بڕیارەکەی ڕەت کردەوە، نە خۆی ڕادەستی سوپای عیراق کرد و نە پەنای بۆ ئێران برد، بەڵکو بە چەکەوە لە چیای قەندیل مایەوەو ئەوەندەش کە پێی کرا بێ زۆرترین پارچە چەکی لە چیاکاندا شاردۆتەوەو چاوەڕوانی ئەوە بووە شۆڕشێکی تازە هەڵ بگیرسێتەوە. هەر بە هۆی ئەمەشەوە وا ناوی دەرکردووە کە تاکە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولە کە خۆی بەدەستەوە نەداوەو چەکی فڕێ نەداوەو هەروەها هەر بە هۆی ئەمەشەوە نازناوی «هەڵۆی قەندیل»ی پێ دراوە.

لە نیسانی ١٩٧٦دا پشتگیریی پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد و لەسەر داوای سەرکردایەتیی ناوخۆی وڵات، یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە بناری قەندیل پێکهێناو بنکەیەکی لۆجستیکیشی لەوێ دامەزراند. بۆیە کاتێك عومەر مستەفا و ژمارەیەك سەرکردەو کادیری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان چونە قەندیل، ئەو لەوێ چاوەڕێی دەکردن. لە یەکەم ساڵی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، یەکەم چالاکیی پێشمەرگانەی لە شۆڕشە نوێکەدا، لە چیای ماکۆك تۆمار کرد کە تێیدا دەستکەوت چوار کلاشنکۆف بوو.

ساڵی ١٩٧٧ پاش پێکهێنانی هەرێمی ٧ی باڵەك، لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی هەرێمەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨١ پاش گواستنەوەی فەرماندەی هەرێمی ٧ی باڵەك دارا جەلال حەفید بۆ هەرێمی ٤، لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی هەرێمەکەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٧٨، دوای شکستی ئۆپەراسیۆنی هەکاری و لەتوپەت بونی ئەو هێزە گەورەیەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر سنوری عیراق- تورکیا ناردبوی، تاڵەبانی بارەگای سەرەکیی خۆی لە قەندیل دانا. کێشە سەختەکە چۆنێتیی گەیاندنی ئازوقە بوو بە بارەگاکە چونکە لەلایەك ڕژێمی شا سنوری عیراق- ئێرانی داخستبوو و لە لایەکی ترەوە ڕژێمی عیراق گەمارۆی ئابوریی بەسەر ناوچەکەدا سەپاندبوو. لە دۆخێکی دژواری وەهادا قادر خەبات کە شارەزای کون و کەلەبەری ناوچەکە بوو و پەیوەندیی تۆکمەی لەگەڵ ڕێکخستنی ناو شارەکاندا هەبوو، بارەگای سەرکردایەتیی لە برسێتی ڕزگار کرد.

ساڵی ١٩٨٢ دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، کرایە فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەك و تا ساڵی ١٩٨٥ ئەم لێپرسراوەتییەی لە ئەستۆدا بوو. ساڵی ١٩٨٥ لە ئاڵوگۆڕی فەرماندەی تیپەکاندا کرایە فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین و ساڵی ١٩٨٨ کرایە ئەندامی دەزگای پێشمەرگایەتی.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ١٦ جار بریندار بووەو بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە، بەتایبەتی لە سنوری ناوچەکانی باڵەکایەتی، سەفین، دۆڵی خەلەکان، دۆڵی جافەتی، قەندیل، مەنگوڕایەتی، پشدەرو بیتوێن.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ڕۆڵێکی دیاری لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکاندا گێڕاوە. پاش بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی هەولێردا، ڕۆڵێکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی

کەرکوکدا گیراو تێیدا بە سەختی بریندار بوو. لە ساڵی ١٩٩٢دا کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی مامەڕوت کە دواتر ناوەکەی کرایە بەتالیۆنی شەهیدانی باڵەك. دوا پلەی ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە بووە.

قادر خەبات بەشداریی لە کۆنفرەنسەکانی ١٩٨١ و ١٩٨٢و ١٩٨٤ی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو کۆنگرەکانی ١٩٩٢ و ٢٠٠١ و ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردووە. لە٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٣دا پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد. لە پاش خۆی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی وێنەو نامەی بەجێ هێشتووە.

## قادر عەزیز



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی قادر عەزیز محەمەد ئەمین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی سێبیرانی نزیك شارۆچکەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر.

ساڵی ١٩٦٠ ماڵیان چۆتە هەولێر و لەگەڕەکی سەیداوە نیشتەجێ بون. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ئێران لەسەر دەستی شارەزایانی ئێرانی، خولێکی موشەکی دژە تانکی ساگەری بینیو دواتر لە قەسرێ کە بنکەی موشەکەکانی لێ بوو، جێگیر بوو. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لە شاری مەهاباد گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لەو دایەلۆگەی کە لە ناو کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ئارادا بوو. ئەو بۆچونی وابوو کە دەبێ کار بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بکرێ بەڵام شۆڕش لە ئاوارەییدا هەڵناگیرسێتەوە، بۆیە گەڕایەوە بۆ عیراق. لەم سەروبەندەدا کاربەدەستانی عیراق خۆیو مامیو چەندین بەرپرسی کۆنی هێزی دەشتی هەولێریان لە کوردستان دورخستەوەو لە بەغدا نیشتەجێیان کردن.

لەو روانگەیەوە کەهەر لە سەرەتاوە پشتگیریی پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو لە ئابی هەمان ساڵدا لەگەڵ هەر یەك لە عومەر مستەفا، خالید سەعید، سەید کاکە، سەعدی عەزیزو یاسین قادر چیای قەندیلیان کردە بنکەیەکی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار.

لە ساڵی ١٩٧٧دا پاش دامەزراندنی لقەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێی بڕیارەکانی کۆبونەوەکانی برادۆست، کرایە ئەندامی لقی یەکی هەولێر. لەو قۆناغەدا لە چوارچێوەی هێزەکەی سەعدی عەزیزی مامی کە فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر بوو، بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لە سنوری هەرێمەکە، لەوانە بەشداربونی لە یەکەم چالاکیی

هێزی پێشمەرگە لە پیرمام کە تێیدا بەڕێوەبەری ئاسایشی پیرمام نەقیب زێدان سابیر خەڵەف کوژرا.

لە ئازاری ١٩٧٨دا بەشداریی لەیەکێ لەگەورەترین شەڕەکانی هێزی پێشمەرگە کرد ئەویش شەڕی دەشتێوە کە تێیدا هێزەکانی عیراق دەوروبەری ٤١٠ کوژراو و ئەنگاوتەیان هەبوە. هێزی پێشمەرگە ١١ شەهیدی هەبوو لەوانە فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر سەعدی عەزیز.

لە یەکەم کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیست لەگوندی نۆکان لەئازاری ١٩٧٨، لەگەڵ هەر یەك لەئەحمەد فەقێ رەشو محەمەد فەتحوڵڵا کرایە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی. هاوینی هەمان ساڵ بووە فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا کرایە ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەو لێپرسراوەتیی مەکتەبی رێکخستنی پێ سپێردرا. لە ناو یەکێتیی نیشتمانیشدا کرایە نوێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیست لە ناو مەکتەبی سیاسیدا.

لە ئازاری ١٩٧٩دا پشتگیریی پرۆژەی جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە یەکێتیی نیشتمانی کرد. پاش جیابونەوەکە، لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا کە ساڵی ١٩٨١ لە دۆڵەتوو بەسترا، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

ساڵی ١٩٨٥ بە هۆی چەندین کێشەی فیکریو سیاسیو رێکخراوەییەوە رەوتێکی بە ناوی ئیتیجاهی شۆڕشگێڕ پێکهێناو لە حزبی سۆسیالیست جیا بۆوە. لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی دامەزراندو بووە سکرتێری حزبەکە.

ساڵی ١٩٩٠ دوای ئەوەی کە حزبی زەحمەتکێشان لە ڕیزی بەرەی کوردستانی وەرگیرا، بووە ئەندامی سەرکردایەتیی بەرە.

ساڵی ١٩٩١ لە چوارچێوەی پرۆژەی یەکگرتنی چەپەکاندا، رێکخراوی ئاڵای شۆڕشی لە حزبەکەی وەرگرت و لە ساڵی دواتردا باڵی کۆنفرەنسی رێکخراوی ئاڵای شۆڕشیشی راکێشایە ناو حزبەکەی.

لە کاتی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا بە لیستێکی هاوبەش لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداریی لە هەڵبژاردندا کردو بووە ئەندامی پەرلەمان. پاش پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم، بووە وەزیری کشتوکاڵو ئاودێری.

لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆدا هەڵوێستێکی بێلایەنانەی گرتە بەرو بەشدارییەکی کاراشی لە هەوڵەکانی ناوبژیوانیو ئاشتکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکراتدا کرد. ساڵی ١٩٩٦ دژی هێرشی هێزەکانی عیراقو پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر هەولێر وەستایەوەو لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا سەرزەنشتی هێرشەکەی کرد. لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵ بەشدار بوو لە دامەزراندنی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان کە بەرەیەکی سیاسی بوو و لایەنە پێکهێنەرەکانی بریتی بون لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشان و حزبی سۆسیالیست و پارتی پارێزگاران و بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان.

لەو ماوەیەدا بەشدار بووە لە تەواوی چالاکیو کۆنفرەنسەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بۆ یەکخستنی هەوڵەکان بۆ روخاندنی رژێمی بەعس لەوانە دیدارو کۆنفرەنسەکانی لەندەن و نیویۆرك.

پاش روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، بووە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراقو لە چوارچێوەی شاندی کورددا بەشدار بوو لە نوسینی

پڕۆژەی دەستوری عیراقدا. دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ بووە نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەدواداچونی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عیراق.

ساڵی ٢٠١٣ دوای پەرەسەندنی کێشە ناوخۆییەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبێکی تازەی بە ناوی حزبی ئایندەی کوردستانەوە پێك هێنا.

ساڵی ٢٠١٦ دانوستانێکی چڕی بۆ یەکخستنی حزبی ئایندەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەست پێ کرد. پرۆسەکە ئامانجی خوازراوی بەدەست هێنا و لە بەرەنجامدا حزبی ئایندە هەڵوەشێنرایەوە، هەموو ئەندام و کادیرەکانی پەیوەندییان بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو ژمارەیەك لە سەرکردەکانی حزبەکە پۆستی سەرکردەییان وەرگرت، لەوانە قادر عەزیز کە بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە ساڵی ٢٠١٨ دا کرایە سەرپەرشتیاری مەکتەبی راگەیاندن.

بە درێژایی ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە، سیاسەتەکەی پشت ئەستور بووە بەپێکەوە گرێدانی کوردایەتیو تێکۆشانی توێژە زەحمەتکێشو هەژارەکان و لەم روەوە ئاراستە سیاسییەکەی هەمیشە گوزارشتی لە ریالیزم و پیادەکردنی رێبازی چەپی میانڕەو کردووە.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لەسەر بازنەی هەولێر، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە کۆبوونەوەی ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠دا بە ئەندامی دەستەی کارگێڕ هەڵبژێردرا، ئەمەش ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند کە بە پێی ماددەکانی ٣٩ و ٤١ی پەیڕەوی ناوخۆ، ببێ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

## قادر کەرەم (ئۆپەراسیون)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی قادر کەرەم لە ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن تیپەکانی مەڵبەندی یەکەوە. لە١٩ی ئەیلولدا، لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری هێزی تیپەکانی گەرمیان سەرقاڵی ئۆپەراسیۆنی قەیوان- ماوەت بون، ئەو هێزانەی لە ناوچەکە مابونەوە، کەوتنە جێبەجێ کردنی نەخشەی گرتنی قادر کەرەم. تیپە بەشدارەکان بریتی بون لە ٥١ی گەرمیان، ٥٣ی شێروانە، ٥٥ی قەرەداغ، ٥٧ی سەگرمەو تیپی مەڵبەندی یەك.

بە پێی نەخشەکە، هێزی راسپێردراو لەگەڵ خۆرئاوابوندا لەگوندی قەیتولەوە بەرەو پردی قەڵای مکایل بەڕێ کەوت و لە نزیك پردەکە دەستەی سەرپەرشتیاری ئۆپەراسیۆنەکە کە بریتی بون لە بەرپرسانی کاروباری پێشمەرگایەتی، هەر یەك لە شەوکەت حاجی موشیر، حەسەن حەمید، ئاوات قارەمانیو فەرماندەی تیپەکانی ٥٧ی سەگرمە مەحمود سەنگاویو ٥١ی گەرمیان محەمەد کەریم عیسا ناسراو بە حەمە رەش کەسنەزانی، دوایین کۆبونەوەی پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەیان کردو دوا بڕیاریان سەبارەت بە هەندێ وردەکاری دا. بەپێی نەخشەکە، هێزەکان کران بە چوار بەشەوە. بەشی یەکەم لە چەند قۆڵێکەوە چووە ناو قادر کەرەم، بەشی دووەم بۆ هێرش کردنە سەر سەربازگەی باسکە درێژ دانرا، بەشی سێیەم بۆ گرتنی رەبایەکان تەرخان کرا و بەشی چوارەمی هێزەکە راسپێردرا بۆسە لەسەر هەموو ئەو رێگا سەرەکییانە دابنێ، کە دەشێ هێزی سوپای بۆ ناو قادر کەرەم پێیدا تێپەڕێ.

لە ماوەی سەعاتێکدا زۆربەی ناوشار کۆنترۆڵ کراو دەست بەسەر هەموو رەبایەکان و سەربازگەکەدا گیرا. ئۆپەراسیۆنەکە دوو شەهیدی بەم ناوانە لێ

کەوتەوە: جەمال مۆرتکەیی لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ و مەحمود سەرقەڵایی سەردەستەی مەفرەزەکەی مەحمود سەنگاوی. دەستکەوتێکی زۆری چەك و تەقەمەنی کەوتە دەست پێشمەرگەو ئۆپەراسیۆنەکە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

هەر ئەو شەوە هێزی پێشمەرگە شارۆچکەکەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بنکەکانی خۆی. بەیانییەکەی، هێزێکی زۆری سوپای عیراق بۆ قادر کەرەم نێردرا. ئەو هێزە کەوتە گرتنی ژمارەیەك هاووڵاتی، لەوانە بەشێکیان گوللەباران کران.

## قادر کەرەم (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمەیە لە ساڵی ١٩٨٣ لەسەر ڕێگای قادر کەرەم ـ لەیلان. لە١٩ی کانونی دووەمی ١٩٨٣ پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی تیپی ٥٧ی سەگرمە بۆسەیان لەسەر ڕێگای قادر کەرەم ـ لەیلان دانا. هێزێکی سوپا کەوتە بۆسەکەوە. پێشمەرگەکان دایانە بەر ڕێژنەی گوللەو تەنگیان پێ هەڵچنی. هێزە گیرخواردووەکە داوای هێزی فریادڕەسی کردو لەم سەروبەندەدا هێزێک کە لە چوار زرێپۆش پێکهاتبوو بەفریای هێزە گیرخواردووەکە چوو. دوژمن لە شەڕەکەدا بە هاوەنی ١٠٦ ملم لە هێزی پێشمەرگەی دا.

شەڕ لە سەعات ١٧ وە تا سەعات ٢٠ درێژەی کێشا و وردە وردە هێزەکانی سوپا بە شپرزەیی دەستیان بە کشانەوە کرد. بەشێك لەو هێزانە لە نزیك گوندی باوە کەوتنە بۆسەیەکی دیکەی هێزی پێشمەرگە. لە کاتی کشانەوەکەشدا یەکێك لە زرێپۆشەکان وەرگەڕا.

لە ئاکامی ئەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق کوژرانی ٢ ئەفسەرو ١١ سەربازی کۆماندۆ و ٢٠ چەکداری جەیش شەعبیو بریندابونی چەند سەربازێکیان زیان لێ کەوت، سەرباری وێرانبونی سێ ئوتومبیل. هێزی پێشمەرگە یەك پێشمەرگەی لێ بریندار بوو و یەك کلاشینکۆف و یەك دەمانچەو هەندێ تەقەمەنیی چنگ کەوت.

## قادر مامەند بابەکر ئاغا



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندەی تیپی ٦٨ی مامەندە و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٢ی گوندی نورەددینی سەر بەقەزای پشدەر. قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیی خوێندنی لە قەڵادزێ تەواو کردووەو لە قۆناغی دواناوەندیش تا پۆلی پێنجەمی خوێندووە.

ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ دەستپێکردنی جوڵانەوەی یاخیبونی خێڵەکان لە دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا بەشداریی لە جوڵانەوەکەدا کردو لەو کاتەدا شێخ حسێن بۆسکینی لێپرسراوی بوو. دوای ئەوەی بزوتنەوە چەکدارییەکە بەرگی یاخیبونی خێڵەکیی لە خۆی داماڵیو بووە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی، بوو بە پێشمەرگە تێیدا.

ساڵی ١٩٦٤ لە کاتی سەرهەڵدانی قەیران لە ناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتگیریی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد. پاش شەڕی ماوەت لە نێوان هێزەکانی باڵی سەرۆکی پارتی مەلا مستەفا بارزانیو هێزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیو کشانەوەی هێزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی

بۆ ناو ئێران، ئەو بە قاچاخی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ناوچەی پشدەر مایەوە. ساڵی ١٩٦٦، دوای ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی وەك حزبێکی جیاواز لە شارەکان کەوتە چالاکی، لە بەکرەجۆ گیرسایەوەو تا ساڵی ١٩٧١ لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٩٧١، دوا بەدوای تێکەڵ کردنەوەی هەردوو باڵی پارتی، لە بەغدا نیشتەجێ بوو، تا ساڵی ١٩٧٥ لەوێ مایەوە. دواتر، گەڕایەوە کوردستان و لە ناوچەی پشدەر گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٧٦ بەشدار بوو لە پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان و پەیوەندیی لەگەڵ تاڵەبانیدا دامەزراند. هەر ئەو ساڵە، لە ڕێگەی تالیب رۆستەم و عەلی سۆفی ئەحمەدەوە پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێوە کرد.

ساڵی ١٩٧٨، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بەرەو ناوچەی برادۆست بەڕێ کەوت بۆ دانانی بنکەی سەرکردایەتی لە ناوچەی خواکورك و هێنانی چەك لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بۆ هەرێم. بەڵام هێزەکە کە بە فەرماندەیی عەلی عەسکەری بوو، لە قوڵایی ناوچەی هەکاری لە کوردستانی باکور، دوچاری نەهامەتییەکی زۆر هات و لە لایەن خێڵەکانی ناوچەکەوە تەنگی پێ هەڵچنرا و هێرشی کرایە سەر. لەم سەروبەندەدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەو کادیرە پێشکەوتووەکانی بەدیل گیرا و رادەستی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا کە لەو کاتەدا لە سنوری عیراق ـ تورکیا بنکەی دانابوو. لە مانگی ئابدا خۆیو سەید کاکەی فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، هەلێکیان بۆ هەڵکەوت و لە زیندان رایانکرد، بە دوقۆڵی خۆیان کرد بە بادینانداو سنوراو سنور ڕۆیشتن، بەچەند رۆژێك گەیشتنەوە گوندی توژەڵە و لەوێوە چون بۆ گوندی شێنێ. هەر ئەو ساڵە بەشدارییەکی کارای لە شەڕی ٩ رۆژەی شێنێ کرد.

ساڵی ١٩٧٩ فەرماندەیی هەرێمی ٦ی پشدەری پێ سپێردرا کە سنورەکەی ناوچەی پشدەر و بەری مەرگە و چیای ئاسۆسی گرتۆتەوە.

ساڵی ١٩٨٢ دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و داهێنانی سیستمی تیپەکان، کرایە فەرماندەی تیپی ٦٨ی مامەندەو تا شالاوی ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨ بەم پلەیە مایەوە.

ساڵی ١٩٩٢ لەسەر لیستی سەوز کاندید کرا بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانو بوو بە پەرلەمانتار. ساڵی ٢٠٠٥ وەك پەرلەمانتار خانەنشین کرا.

لە ١ی ئابی ٢٠١٩ دا پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، لە سلێمانی کۆچی دوایی کردو پاشان لە رێ و رەسمێکی شایستەدا تەرمەکەی برایە گوندی نورەددینی ناوچەی پشدەرو لەوێ بە خاك سپێردرا.


مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا بەم بۆنەیەوە، وا ناساندی کە «ناو و سەروەرییەکانی بۆ هەمیشە لە ویژدانی دڵسۆزانی گەلەکەماندا بە زیندویی دەمێننەوە». هەروەها ئەنجومەنی ناوەند لە نامەیەکی ماتەمینیدا بۆ کەسوکارەکەی، وای دەربڕی کە میراودەلی «لە هەموو وێستگەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی و سیاسییدا خەباتی بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەی کردووە». بە هەمان پێودانگ، فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا میراودەلیی بە «پێشمەرگەی دلێرو گیان لەسەر دەستی رۆژانی خەباتی شاخ و رۆڵەی ماندونەناسی خەباتی مەدەنی» ناساند.

بابەتی پەیوەندیدار:

* شێنێ (شەڕ).

* مامەندە (تیپ).

## قادر هەینی تەها قادر



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە. ناسراو بە قادر دۆشکە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٩ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای هەرەس هێنانی وتووێژو دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. لە ساڵی ١٩٧٥دا پاش هەرەس هێنانی شۆڕش ئاوارەی ئێران بوو بەڵام ژیانی ئاوارەیی رەت کردەوەو گەڕایەوە بۆ عیراق. هەر کەگەڕایەوە، دەم و دەست بۆ ناحیەی قادسیەی قەزای ئەبوسخێری پارێزگای نەجەف دور خرایەوە. ساڵی ١٩٧٦ ڕێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ کۆیە. هەر لەو ساڵەشدا لە بەغدا پەیوەندیی لەگەڵ خالید سەعید دامەزراندو ئەوەی لێ تێگەیشت کە خۆئامادەکردنێك بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا لە ئارادایە. هەر لەو ماوەیەدا لە کۆیە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٧ لەلای دەزگا ئەمنییەکان وەك ئەندامی بزوتنەوەی سۆسیالیست ئاشکرا بوو. ئەمەش وای کرد کۆیە بەجێ بێڵێ‌و لەگوندی نازەنینی ناوچەی خۆشناوەتی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرەوە بکات.

ساڵی ١٩٧٨ بۆتە بەرپرسی دەستەی پاسەوانیی تاڵەبانی لە ناوزەنگ. هەر لەو ساڵەشدا بەشدارییەکی کارای لە شەڕی ٩ ڕۆژەی شێنێ کردوە کە تێیدا هێزەکانی عیراق زیانی ٢٥٠ کوژراو و ٢٠٠ برینداریان لێ کەوتووە.

ساڵی ١٩٨٢ کرایە جێگری تیپی ٨٣ی هەورێ‌و ساڵی پاشتر لە بالیسان لێپرسراوەتیی تیپی مەڵبەندی ٣ی پێ سپێردرا و هەر لەو ساڵەشدا بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی بێتواتە.

ساڵی ١٩٨٧ لە سۆنگەی فشاری نەخۆشییەوە، بە مەبەستی چارەسەر نێردرایە ئێران. پاش تەواوکردنی چارەسەر، کاری لۆجستیکیی پێ سپێردرا و کرایە بەرپرسی ئۆردوگای ئاوارەکانی بادیناوا.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا کرایە جێگری فەرماندەی قۆڵی رانیەو پاشتریش کرایە جێگری فەرماندەی هێزی ١٦.

لە ساڵی ١٩٩٧دا لێپرسراوەتیی بەشی زانیاریی فەرماندەیی ٥ی دوکان و پاشان لێپرسراوەتیی بەشی زانیاریی فەرماندەیی ٩ی کۆیەی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٩٩دا چۆتە خولی ئەفسەران لە کۆلیجی عەسکەریی قەڵاچوالان.

ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە.

## قارەمان شینە



پێشمەرگەی دێرین‌و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی حەسەن بەگی ناوچەی کەندیناوەی سەر بە پارێزگای هەولێر. هەر لەو گوندە چۆتە

بەر خوێندن و قۆناغی ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە و دواتریش لەقۆناغێکی درەنگدا بەشداریی لە تاقیکردنەوەی ئامادەییدا کردووەو بەمجۆرە قۆناغی خوێندنی ئامادەییشی تەواو کردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٦ دەست پێ دەکا، کاتێك پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکا. تا لە ناو شار بوو، وەك کادیرێکی کارای ڕێکخستن کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٨١ دا لەگوندی وەرتێی ناوچەی ڕەواندز پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو بۆتە پێشمەرگەی هەرێمی ٧ی باڵەك. ساڵی ١٩٨٢، پاش پێکهێنانی تیپەکان، لە تیپی ٧٤ی باڵەك لە لای فەرماندەی تیپ قادر خەبات پێشمەرگایەتیی کردووە. هەر ئەو ساڵە گوێزرایەوە بۆ کارکردن لە کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندز. ساڵی دواتر بە پلەی فەرماندەی مەفرەزە گوازرایەوە بۆ کەرتی ٢ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. هەر لەو کەرتە پلەی جێگری فەرماندەی کەرتی پێ دراوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووەو پێنج جاریش بریندار بووە، لەوانە لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت.

پاش پەرەسەندنی جەنگی کیمیایی‌و شالاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، تا ساڵی ١٩٩١ لە ئێران مایەوە. لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵێکی بالای لە جێبەجێ کردنی نەخشە دانراوەکاندا گێڕا.

ساڵی ١٩٩٣ پاش دامەزراندنی سوپای یەکگرتوی کوردستان، لە لیوای ٣٠ی کەسنەزان خزمەتی کردو دواتر کرایە موقەددەم لیواو پاشان جێگری فەرماندەی لیوا. ماوەیەکیش لێپرسراوەتیی لیوایەکی تایبەتی پێ سپێردرا.

لە ساڵی ١٩٩٨دا بەشداریی لە خولی ئەفسەرانی پۆلیسی ئاسایشدا کردو بە پلەی موقەددەم دەرچوو. لە ڕەوتی بەردەوامبونیدا لەسەر خزمەت، بەپێی ڕێکارە یاساییەکان گەیشتۆتە پلەی عەمید.

لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا بە لێپرسراوی مەڵبەندی ١٧ی ڕێکخستنی ڕۆژهەڵاتی هەولێر دەرچوو و لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ساڵی ٢٠١٠، بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

## قازان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لەگوندی قازانی نزیك تاسلوجەی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٢ کە تێیدا یانزە پێشمەرگە شەهید بون، لەوانە ئەنوەر حەسەن فەرماندەی هەرێمی ٢ی کەرکوك. لە٥ی ئازاری ١٩٨٢ دوو مەفرەزەی هەرێمی ٢ی کەرکوك، کە یەکێکیان مەفرەزەی تایبەتی فەرماندەی هەرێم بوو و ئەوی تر مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی هەرێمەکە بوو، بە فەرماندەیی ئەنوەر حەسەن، کە سەرجەمی ژمارەی پێشمەرگەکانیان ٢٢ پێشمەرگە بوو، روبەڕوی هێزێکی گەورەی سوپای عیراق‌و جاشەکان بونەوە کە بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەری جەنگی هێرشێکی بەربلاوی کردبووە سەر هێزەکە.

شەڕەکە ١١ سەعاتی خایاند، لە سەعات ٩وە تا سەعات ٢٠ درێژەی کێشا، تێیدا پەلاماردەرەکان زیاد لە ٣٠ کەسیان لێ کوژرا و و ژمارەیەکی زۆریان لێ بریندار بوو. لە هێزی پێشمەرگە ١١ شەهید هەبوو، لە سەروی هەمویانەوە فەرماندەی هەرێمی ٢ی کەرکوك ئەنوەر حەسەن. شەهیدەکانی تر ئەمانەن: رزگار جەلال قەساب، نوعمان عەبدوڵلا

عوبێد، نەجمەددین فاتیح شوکر، حەمە ساڵح سدیق، حەمە شوکر عەلی ئەحمەد، جومعە حەسەن کەریم سلێمان، کامەران عومەر حسێن، کەمال قادر فەتاح، عەبدولخالق ساڵح ئەحمەد، عەبدولخالق ساڵح قادر.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی شەهیدبونی ئەم پۆلە پێشمەرگەیەوە، بەیاننامەیەکی دەرکردو تێیدا وردەکاریی رووداوەکەی خستە بەرچاو. بەڵام لیستی ناوی شەهیدەکان لە بەیاننامەکەدا هەڵەو کەموکوڕیی تێدایە. لە بەیاننامەکەدا باس لە ١٢ شەهید کراوە، لە کاتێکدا شەڕەکە ١١ شەهیدی لێ کەوتۆتەوە. ئەم هەڵەیە هەڵەیەکی تری بەدوادا هات، ئەویش ئەوەیە کە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە کاتی روماڵ کردنی هەواڵەکەدا، بە پێودانگی «دوانزە سوارەی مەریوان» کە چیرۆکێکی فۆلکلۆریی باوی کوردەوارییە، نازناوی «دوانزە سوارەی قازان»ی بۆ شەهیدەکان بەکار هێنا.

لەو ١٢ ناوەی کە بەیاننامەکە بە شەهید ناوی بردون، دوانیان شەهید نین و بە هەڵە ناویان کەوتۆتە لیستەکەوە. یەکێکیان سیروان کوێخا نەجمەو ئەوی تر موەففەق تەقییە کە هەردوکیان پێشمەرگەی هەرێمی ٢ی کەرکوك بون بەڵام لە کاتی شەڕەکەدا لەگەڵ هێزەکەدا نەبون. ناوی شەهیدێکیش لە بەیاننامەکەدا نەهاتووە، ئەویش جومعە حەسەن کەریم سلێمان ناسراو بە سیروانە. هەندێ ناویش بە کەموکوڕییەوە لە بەیاننامەکەدا هاتووە، ئەویش بەمجۆرە: عەبدوڵڵا ساڵح راستییەکەی عەبدولخالق ساڵح قادرە، سوارە شێخ سدیق راستییەکەی حەمە ساڵح سدیقە، کەریم چەمچەماڵی راستییەکەی کەمال قادر فەتاحە، نوعمان عەبدی راستییەکەی نوعمان عەبدوڵڵا عوبێدە. لە لیستەکەدا پێنج ناو بە بێ هەڵە هاتون کە ئەمانەن: رزگار جەلال، عەبدولخالق ساڵح ئەحمەد، کامەران عومەر حسێن، حەمە شوکر عەلی ئەحمەد، نەجمەددین فاتیح شوکر.

بەشێکی هۆی هەڵەکان بۆ لێکچونی ناوەکانو تێکەڵ کردنی ناوی راستەقینەو ناوی نهێنی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی کە هێزی پێشمەرگە تا ئەو کاتە هیچ تۆمارێکی تایبەت بە ناوی پێشمەرگەی نەبووە.

## پاشکۆی ژمارە (١)

## ژیاننامەی شەهیدەکانی شەڕی قازان

- ئەنوەر حەسەن:

فەرماندەی هەرێمی ٢ی کەرکوك.

- رزگار جەلال قەساب:

ناسراو بە هێمن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی چەمچەماڵ. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لەچەمچەماڵ تەواو کردووەو بۆ خوێندنی دواناوەندی، لە ساڵی ١٩٧٤ چۆتە سلێمانی‌و لەوێ ئامادەیی پیشەسازیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لەو ماوەیەدا چالاکانە ئەرکەکانی سەر شانی لە ناو رێکخستن جێبەجێ کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك بۆتە پێشمەرگە. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا کادیرێکی سیاسیی لێهاتوو بووە.

- نوعمان عەبدوڵڵا عوبێد:

ناسراو بە نوعمان کڵاوقوتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی کڵاوقوت لە ناوچەی شوان. ساڵی ١٩٧٧ لە کەرکوك پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لەو ماوەیەدا لە هەڵسوڕاوە کاراکانی کۆمیتەی ئاگر

بووەو چەندین چالاکیی و کاری شۆڕشگێڕانەی لە ناو کەرکوك ئەنجام داوە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك بوە بە پێشمەرگە. سەرەڕای تەمەنی کورتی لەپێشمەرگایەتیدا، بەشدار بووە لە زۆربەی چالاکییەکانی سنوری هەرێمەکەی.

• نەجمەددین فاتیح شوکر:

ناسراو بە شیروان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی شاری کەرکوك. بەر لەوەی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکا، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی مارکسیست بە ناوی «ڕێکخراوی تێکۆشانی کارگەران». دوای زیادبونی مەترسی لەسەر گیانی، بڕیاریدا کەرکوك بەجێ بێڵێ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکا. لە ساڵی ١٩٨٠ بووە پێشمەرگەی هەرێمی ٢ی کەرکوك.

• حەمە ساڵح سدیق:

ناسراو بە سوارە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی کۆزبۆرەی ناوچەی ئاغجەلەر. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگەی هەرێمی ٢ی کەرکوك.

• کامەران عومەر حسێن:

ناسراو بە کامەران مام عومەر نەجار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی شاری کەرکوك. لە شار لە ناو ڕێکخستنە نهێنییەکاندا کاری نەکردووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردووە.

سەرەڕای کورتیی ماوەی پێشمەرگایەتیی، بەشدار بووە لە زۆربەی نەبەردو چالاکییەکانی سنوری هەرێمەکەی.

• حەمە شوکر عەلی ئەحمەد:

ناسراو بە حەمە شوکر بلوکێنی. لەدایکبوی گوندی بلوکێنی ناوچەی ئاغجەلەر. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٧٨ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٢ی کەرکوك.

• جومعە حەسەن کەریم سلێمان:

ناسراو بە سیروان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٨١ لە هەرێمی ٢ی کەرکوك بۆتە پێشمەرگە.

• کەمال قادر فەتاح:

ناسراو بەگۆران. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی چەمچەماڵ. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٨١دا بۆتە پێشمەرگەی هەرێمی ٢ی کەرکوك.

• عەبدولخالق ساڵح قادر:

ناسراو بە چیا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢. ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگەی هەرێمی ٢ی کەرکوك.

• عەبدولخالق ساڵح ئەحمەد:

ناسراو بە ئاسۆ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کۆمیتەی ئاگردا نواندووە. لەڕوی ئاستی خوێندنەوە، دەرچوی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر بووە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك بۆتە پێشمەرگە. سەرەڕای کورتیی ماوەی پێشمەرگایەتیی، بەشداریی لە بەشێکی زۆری نەبەردو چالاکییەکانی سنوری هەرێمەکەدا کردووە لەم ڕووەوە کارامەییەکی زۆری نواندووە، بە جۆرێك کە کراوەتە فەرماندەی کەرت.

## پاشكۆی ژماره (٢)

## بەیاننامەی مەكتەبی سیاسیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان
## هەڤاڵانی تێكۆشەر
## هاونیشتمانییە خۆشەویستەكان

بە داخ و پەژارەیەكی زۆرەوە، مەكتەبی سیاسیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان شەهید بوونی رۆڵەی دڵسۆزو بەوەفای گەلەكەمانو هەڤاڵی هێژاو و ئازا و پێشمەرگەی ژیرو نەبەز كاك ئەنوەر حەسەن و یانزە قارەمانی ترتان پێ رادەگەیەنێت. ئەو دوانزە قارەمانە نەمرەی داستانی دوانزە سوارەی كوردستانیان بە خوێنی گەشیان تۆمار كردوە، سەروەرییەكانی مێژووی كوردایەتیو شۆڕشیان دەوڵەمەندتر كردوە و لاپەڕەیەكی تری پڕ لە شانازیو فیداكاریو لەخۆبوردنیان لەمێژووی كوردەواری دا سوور كردوەو قوربانیی نەورۆزی ئەمساڵەمانن، كە:

ئاگرێكی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچون بەبەرەو پیری مەرگەوە

داستانی ئەم قارەمانەتیەش ئەمەیە كە لە خوارەوە بۆتان دەگێڕینەوە

هەڤاڵانی خۆشەویست
هاونیشتمانانی بەڕێز

لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دواییدا، كە شەڕی ناوخۆ تا رادەیەك دامركاوەتەوەو هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان هەر یەكەیان چۆتەوە شوێنی دیاریكراوی چالاكیو جموجوڵی خۆیو لە باتی خەریك كردنی بە شەڕی لاوەكیەوە، خەریكی ئەنجام دانی كار و فرمانی سەرەكیی خۆیەتی لە بەگژا چونی رژێم و دانانی نەخشەو پلانی لێدانی هێزە داگیركەرەكانی رژێمی فاشیستی عیراقدا لەم ماوەیەدا، ئەگەرچی سەرماو بەفرو زریانی كەم وێنەی زستانی ئەمساڵ لەزۆر شوێن، بوو بە هۆی كەمكردنەوەی هاتوچۆ و جوڵانەوە و تەنانەت مردنو رەق بونەوەی چەندین هاووڵاتیو چەندین پێشمەرگەش، لەگەڵ ئەوەشدا، لەو چەند مانگە كەمەدا، سەرەڕای نالەبارییی باری هەوا، لە چەندین شوێن دەستی قارەمانانە لە دوژمن وەشێنراوە و چەندین هەڵمەتو بۆسەو شاڵاو و بەرگریی دلێرانە نیشانی دوژمن دراوە، بە جۆرێك كە پاش چەند ساڵ خۆ گێل كردن سەددامی خوێنرێژ ناچار بوو سەهۆڵبەندانی بێ دەنگی بشكێنێو دەربارەی كورد بدوێو جنێو بە پێشمەرگەكانی بدات.

هەرێمی ٢ی قارەمان كە چەند مانگ بوو لەبەر پێویستیەكانی پارێزگاریی بنكەو رێكخراو و هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە هێرش و گەلەكۆمەكێ لەسەر فەرمانی سەركردایەتیی یەكێتی نێردرایە ئاسۆسو دۆڵی جافەتی، ماوەیەكی تر نێردرایە دەشتی كۆیە و كۆسرەت و خۆشناوەتی و ماوەیەكی تریش برایە قەڵاتوكانو بناری قەندیل هەروەكو بە درێژایی تەمەنی پێكهاتنی نمونەی هێزی ئازاو دڵسۆزو دەس وەشێنو خاوەن دیسپلین بوە. هەروەكو نمونەی هێزی رێكوپێكی خۆشەویستی ناو جەماوەر بوە، هەروەكو نمونەی فیداكاریو لەخۆبرانو دەست قارەمانەتیی بێ وێنەو نەخشەی وردو پلانی ژیرانەی جەنگی پارتیزانی بوە... هەروەها لەو ماوەیەشدا بەوپەڕی دڵسۆزیو لێهاتوییەوە، بەوپەڕی لەخۆبڕانو گوێڕایەڵیو خۆڕاگرییەوە،

هەمیشە لەریزی پێشەوەی بەرگری‌و لەسەنگەرە سەختەکانی پێشەوەدا بوە بۆ پارێزگاری لە یەکێتیی نیشتمانی‌و بنکەو رێکخراوەکانی‌و بۆ بەدەنگەوە چونی هێز و هەرێمەکانی ترو بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی نارەوای هاتبێتە سەریان.

هەرێمی ٢ی قارەمان لەو ماوە کورتەی دواییشدا کە گەڕاوەتەوە سنوری کارو چالاکیی خۆی لە دەوری کەرکوك، چەندین چالاکیی قارەمانانەی ئەنجام داوەو چەند جارێك بە سەرکەوتویی مەفرەزەی ناردە ناو کەرکوکەوە بۆ دەست وەشاندن لە دوژمن.

هەر بۆیە دوژمنی داگیرکەر هەمیشە لەپێ‌و شوێنی هەرێمی ٢ی قارەماندا بوو، بە وردی تەعقیبی جوڵان و هاتوچۆی ئەکردو لە پەرێزدا بوو بۆ ئەوەی نوقتەیەکی زەعیفی بدۆزێتەوەو جەزرەبەیەکی لێ بدات. سەد مەخابن دوژمن توانی فرسەت لە بەشێکی ئەم هێزە قارەمانە بهێنێ‌و کەڵك وەربگرێ لەو دوورکەوتنەوەیان لە بەشی زۆری هێزەکەیان و مانەوەیان بۆ چەند رۆژێك، لە یەك ناوچەدا، بەڵکو لە ناو یەك گوندی نزیك جادەدا.

لە رۆژی ١٩٨٢/٣/٥ دا لە کاتێکدا کە مەفرەزەیەکی کەرتی هەرێم و مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی هەرێمی ٢ لەگەڵ فەرماندەی هەرێمەکەدا کە تێکرا، ٢٢ پێشمەرگە بون لەگوندی قازان بون. هێزێکی گەورەی دوژمنی داگیرکەر بە پشتیوانیی چەندین هەلیکۆپتەری جەنگی هێرشی بردە سەریان. لە سەعات ٩ی سەرلەبەیانیدا شەڕو پێکادان دەستی پێکردو تا سەعات ٨ی شەو شەڕێکی دەستەوئێخەی نابەرامبەر لە بەینی ٢٢ پێشمەرگەی دلێری هەرێمی٢ دا بە سەرکردایەتیی هەڤاڵی قارەمان ئەنوەر حەسەن و نزیکەی دوو هەزار نەفەر لە جاش‌و جاشی شەعبی‌و پۆلیس و سپاو چەند هالیکۆپتەری جەنگی بۆ ماوەی ١١ سەعات درێژەی کێشا.

لەم شەڕەدا پێشمەرگە دلێرەکانی هەرێمی ٢ دەرسێکی بێ وێنەی هێزە داگیرکەرەکانی دوژمنیان دادا و بە جۆرێکی ئەوتۆ چاوشکێن و تەمێیان کردن کە جارێکی تر نەوێرن هەروا بە ئاسانی یاری بە ئاگر بکەن‌و چەند زۆرو پۆشتەو حەساوە بن زات نەکەن پەلاماری پێشمەرگە بدەن چەند کەم و ماندوش بن.

لەم شەڕەدا هێزی دوژمن زیاتر لە ٣٠ نەفەری لێ کوژرا و دەیان کەسیشی لێ بریندار کرا کە یەکێکیان سەرەکجاشی تاوانبار قالە فەرەجی خائین بوو.

ئەگەرچی لەم شەڕەدا کوشتاری زۆر لە دوژمن کرا و زەرەری زلی لێ دراوە، بەتایبەتی سەقەت کردنی قالە فەرەجی خائین کە یەکێکە لە سەگە رستکراوە هارەکانی رژێم، وە هێزی دوژمن نەیتوانی لە رێی بەدەستهێنانی باڵادەستیی ژمارەییەوە بەسەر پێشمەرگەکاندا، مەبەستەکانی خۆی لەڕووی گەمارۆدان‌و بە دیل گرتنی پێشمەرگەکانەوە، بەدەس بهێنێ، بەڵام بەداخەوە هێزی پێشمەرگەش زەرەرێکی زلی لێ کەوت، بە شەهیدبوونی ١٢ پێشمەرگەی کە یەکێکیان هەڤاڵی قارەمان ئەنوەر حەسەن فەرماندەی هەرێمی ٢ بوو.

هەڤاڵ ئەنوەر حەسەن لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کەرکوك لە دایك بوبو، هەر لەوێ قوتابخانەی سەرەتایی‌و ئیعدادیی تەواو کردبوو، پاشان چوو بۆ کولییەی هەندەسە لە جامعەی بەغدا.

هەڤاڵ ئەنوەر حەسەن ساڵی ١٩٧٣ شەرەفی ئەندامێتیی کۆمەڵەی وەرگرتبوو، وە هەر لەسەر خەباتی سیاسی ساڵی ١٩٧٥ گیرا و حوکم درا لە زیندانی ئەبو غرێب تا عەفوی عامی ١٩٧٩، کە

ئەویش لەگەڵ گیراوە سیاسییەکانی تردا بەربوو وە پاش چەند رۆژێك لەسەر داوای سەرکردایەتیی یەکێتی، هاتە ریزی پێشمەرگەوە وە کرا بە رابەری سیاسیی هەرێمی ٢.

هەڤاڵ ئەنوەر لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا نمونەی پێشمەرگەی ئازا و دڵسۆز بوو، لە ناو برا پێشمەرگەکانیدا بە تێکۆشەرێکی پشو درێژی هۆشیارو رۆشنبیرێکی ئازای خۆگرو فەرماندەیەکی ژیرو خاکی ناسرابوو، ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ دەستەیەك کادیری عەسکەری هەڵبژێردرا بۆ مەشق کردن لە ناو فەلەستینیەکاندا، پاش ئەوەی بە سەرکەوتویی گەڕایەوە، کرا بە فەرماندەی هەرێمی ٢ی هێزی پێشمەرگە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سەرپەرشتیی دەیان هەڵمەتی دلێرانەی پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی٢و سەرکردایەتیی چەندین شەڕو نەبەردی کردوەو نەخشەی دەیان چالاکیی بۆ داناون.

لە ژیانی زینداندا نمونەی تێکۆشەری خۆگرو ئازاو بەرچاو روونو خاوەن ورەو سەربەرز بوو.. لە ژیانی سیاسیدا تێکۆشەرێکی جەماوەریی گونجاوو رۆح سوكو ژیرو تێگەیشتوو و ئەمین بوو.. هەر لەبەر ئەمانە لە یەکەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەدا بەگشتیی دەنگ هەڵبژێردرا بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆنفرەنس.

شەهیدبونی هەڤاڵ ئەنوەر خەسارەتێکی گەورە بوو لە جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان. بە شەهید بونی ئەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان کادیرێکی عەسکەریی لێوەشاوەو قارەمان، وە یەکێتیی نیشتمانیو کۆمەڵەش کادیرێکی سیاسیو رێکخراوەیی کارامەو بەتوانای لەکیس چوو.

شەهید ئەنوەر چۆن لە خەباتی سیاسیو پێشمەرگەییدا لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانی هەرێمی٢ سەرقافڵە بوو، لەشەهید بونیشدا لەگەڵ ئەم ١١ قارەمانە شەهیدەی هێزی پێشمەرگەش هەر وەها بوو:

١. هەڤاڵ رزگار جەلال ناسراو بە هێمن
٢. هەڤاڵ مامۆستا عبدولخالق ساڵح ناسراو بە ئاسۆ
٣. هەڤاڵ مامۆستا عەبدوڵلا ساڵح ناسراو بە چیا
٤. هەڤاڵ سوارە شێخ سدیق
٥. هەڤاڵ کامەران مام عومەر
٦. هەڤاڵ سیروان کوێخا نەجم
٧. هەڤاڵ کەریم چەمچەماڵی ناسراو بە گۆران
٨. هەڤاڵ نوعمان عەبدی
٩. هەڤاڵ حەمە شوکر بلوکێنی
١٠. هەڤاڵ نەجمەددین فاتیح ناسراو بە شیروان
١١. هەڤاڵ موەفەق تەقی

بەڵێ ١٢ قارەمانی هەرێمی٢ شەهید بون.

١٢ کەسی قارەمانی کەرکوك و دەوروبەری کەرکوك شەهید بون و گیانیان گەیشتە بەهەشتی نەمریو کاروانی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان و بەم جۆرە داستانێکی تری سەروەرییان لەمێژووی گەلەکەماندا و داستانێکی تری بەرگریی قارەمانانەیان لەپێناوی پاراستنی شەرەف و نەتەوەو نیشتمانەکەمان، لە هێرشی سوپای داگیرکەری رژێمی فاشیستی عیراقو نۆکەرە چڵکاوخۆرەکانی، بە خوێنی خۆیان نوسییەوە، ئەگەرچی ئەم پۆلە شەهیدە بە سەربەرزی رۆیشتن، بەڵام هەرێمی ٢ی قارەمان ماوە، هێزی لەشکان نەهاتووی پێشمەرگەی کوردستان ماوە، گەلی کورد ماوەو لە سەنگەری خەباتی شۆڕشگێڕانە دایە، ئالای بەرزی شۆڕش، کە سوورە بە خوێنی شەهیدەکانی، بە ژوور سەریانەوە دەشەکێتەوە.

# قاسم عەبدوڵڵا فەتاح



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی تیپ لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ناسراو بە قاسمە سوری کۆیی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ی گەڕەکی بایز ئاغای شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٢ بەشدارییەکی کارای لە خۆپیشاندانەکاندا کردووەو بەو هۆیەوە کەوتۆتە بەر چاوی دەزگا ئەمنییەکان. پاش خۆپیشاندانەکان تەنگی پێ هەڵچنرا و مەترسیی گرتنی هاتە پێش، بۆیە هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە بارەگای دۆڵەڕەقەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە کردو لەوێوە گوێزرایەوە بۆ تیپی ٩٠ی باواجی. پاش هەڵوەشانەوەی تیپەکە، لە تیپی ٩٣ی کۆیە درێژەی بەپێشمەرگایەتی دا.

ساڵی ١٩٨٥ بە پلەی فەرماندەی مەفرەزە گوێزراوەتەوە بۆ تیپی مەڵبەندی سێ لە گوندی سماقوڵیی ناوچەی خۆشناوەتی و ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە فەرماندەی کەرت.

ساڵی ١٩٨٧ بەشداریی لە خولێکی سەربازیدا کرد لە شاری ئەهواز لە پارێزگای خوزستانی ئێران بۆ مەشق و راهێنان لەسەر بەکارهێنانی موشەکی دژە تانکی مالۆتکا. ساڵی ١٩٨٩ لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو پیادەکردنی سیستمی بەتالیۆنەکاندا، کراوەتە جێگری فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین و هەر ئەو ساڵە کراوەتە فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ. هەمان ساڵ بەشداریی لە خولێکی سەربازیدا کردووە لە گەیلان غەرب لە ئێران.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا لە چوارچێوەی نەخشەی دانراودا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووەو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکیش بەشدار بووە.

ساڵی ١٩٩٢ کرایە جێگری فەرماندەی هێزی ١٦ی خۆشناوەتی. ساڵی دواتر بۆتە فەرماندەی فەوج لە سوپای یەکگرتوی کوردستان و ساڵی ١٩٩٥ فەرماندەیی حەرەکاتی لیوای کۆیەی پی سپێردرا. دواتر، بووە فەرماندەی تیپی لەشکری کۆیەو ساڵی ١٩٩٦ کرایە جێگری فەرماندەی لەشکر.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری ئۆپەراسیۆن و شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووەو سێ جار بریندار بووە. یەکێکیان لە ساڵی ١٩٨٣ لەشەڕەکانی قەندیل، ئەوی تر لە ساڵی ١٩٨٧ لە کاتی هەڵکوتانە سەر رەبیەی گردچادر لە نزیك کۆیەو جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٨٩ لە کاتی مەشق و راهێنانی سەربازی لە خولەکەی گەیلان غەرب لە ئێران کە بە هۆیەوە دەستێکی لە دەست داوە.

ساڵی ١٩٩٥ بە پلەی لیوا خانەشین کرا و هەمان ساڵ لێپرسراوەتیی لقی کۆیەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە سەر خوێندن. ساڵی ٢٠٠٦ قۆناغی ئامادەیی تەواو کردو هەر ئەو ساڵە لە زانکۆی کۆیە وەرگیرا و لە بەشی مێژوی کۆلیجی پەروەردە دەستی بە خوێندن کرد. ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا.

## قاسم عەزیز رەسول



کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی چەرتوك لەناحیەی کەندیناوە. ساڵی ١٩٦٩ چۆتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە. ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو بە ئاشکراش بەردەوام بووە لەکارکردن وەك ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٧٤دا چووە ریزی شۆڕشەوەو لەو ماوەیەدا خولێکی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تەواو کردو کرایە ئەندامی ناوچەی هێزی سەفین.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێرو لە کارگەی پەلەوەری هەولێر بەفەرمانبەر دامەزرا. لەو ماوەیەدا لە ناو رێکخستنە نهێنییەکاندا وەك کادیرێکی کارا و چاپوك هەڵسوڕا. لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ لە شاڵاوێکی دەزگا ئەمنییەکاندا لە دژی رێکخستنەکانی کۆمەڵە، خۆیو شاخەوان عەباس و عەلی بایز ئیسماعیل دەستگیر کران و لە بەغدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا. لە مانگی ئازاردا ئازاد کران.

دواتر، بووە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی هەولێر کە عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر سەرپەرشتیی کردووەو ئەرکەکەی بەڕێوەبردنی رێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە لە پارێزگای هەولێر.

لە ساڵی ١٩٧٧دا دەزگا ئەمنییەکان گورزێکی گورچکبڕیان لەڕێکخستنەکانی هەولێری کۆمەڵە دا و دەوروبەری ٨٥ ئەندامیان گرت، یەکێ لەوانە قاسم عەزیز رەسول بوو. لە لێکۆڵینەوەکاندا کە لە کەرکوك ئەنجام دران، بەرپەرچی بەڵگەکانی دەزگا ئەمنییەکانی دایەوەو توانی هەموو پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵەوە بشارێتەوە. پاش دوو مانگ لێکۆڵینەوە، لە کەرکوك ئازاد کرا و رەوانەی هەولێر کرایەوە بەڵام دەزگای ئەمنی هەولێر ئازادی نەکردو ئەوو هادی ئیسماعیل و تەلعەت خدری بۆ سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە رەوانەی کەرکوك کردەوە. لە تشرینی دووەمدا ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو کرایە ئەندامی کەرتی رێکخستنی شەقڵاوە. لە ساڵی ١٩٨٤دا بەشداریی لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد.

ساڵی ١٩٨٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ کادیرەکانی کۆمەڵەدا هەر درێژەی کێشا. ساڵی ١٩٨٨ بە گومانی هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگە لە چالاکییەکدا کە لە ناوچەی پیشەسازیی هەولێر ئەنجام درابوو، بۆ جاری سێیەم لە لایەن دەزگای ئەمنی هەولێرەوە دەستگیر کرا، نزیکەی چوار مانگو نیو لێکۆڵینەوەی وردی لەگەڵدا کراو پاش ئەوەی کە هیچی لەسەر ساغ نەکرایەوە ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٩١ پێش راپەڕین بە ماوەیەکی کەم بەشداریی لەشانە چەکدارەکانی هەولێردا کردو لە کاتی راپەڕیندا ئەو ئەرکانەی راپەڕاند کەجێبەجێ کردنیان بە شانە چەکدارەکان سپێردرا بون.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو هەر ئەو ساڵە کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ٤ی رێکخستنی

هەولێر. ساڵی ١٩٩٧ کوردستانی بەجێ هێشت و لە هۆلاند گیرسایەوە. لەوێ لە ساڵی ١٩٩٧دا بووە ئەندامی کۆمیتەی بەنەلوکس. ساڵی ٢٠٠٠ گەڕایەوە بۆ کوردستانو ساڵی ٢٠٠٢ کرایە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان. ساڵی ٢٠٠٥ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر هەڵبژێردرا.

## قاسم محەمەد مستەفا



پێشمەرگە و دادوەری شۆڕش و کادیری دێرینی ڕێکخستن. ناسراو بە حاکم قاسم. لەدایکبوی ١٩٥٤ی شاری کۆیە. ساڵی ١٩٦١ لە خوێندنگەی قادریەی شاری کۆیە خراوەتە بەر خوێندن. ساڵی ١٩٦٣، کاتێك لە پۆلی سێی سەرەتایی بووە، خێزانەکەی لە ژێر گوشاری میلیشیاکانی گاردی نەتەوەیی حزبی بەعسدا، شاری کۆیەی بەجێ هێشتوەو لە هەولێر گیرساوەتەوە، لەوێ درێژەی بە خوێندن داوەو ساڵی ١٩٧٤ قۆناغی ئامادەیی تەواو کردوەو هەر ئەو ساڵە لە کۆلیجی ئێوارانی یاساو سیاسەتی زانکۆی موستەنسریەی شاری بەغدا وەرگیراوەو دواتر لەو کۆلیجەدا چۆتە بەشی سیاسەت.

سەرەڕای ئەوەی کە خێزانەکەی خێزانێکی خۆشگوزەران بوو، بەڵام دەیویست لە ژیاندا پشت بە خۆی ببەستێ. هەر لەم سۆنگەیەشەوە کۆلیجی ئێوارانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بتوانێ لە کۆمپانیای گشتیی بەڵێندەرایەتیی بیناسازیدا کار بکا و بژێویی خۆی بە ڕەنجی شانی خۆی پەیدا بکا.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە کوردستان، زۆرتر بەلای بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازیدا دایشکاندو هەر ئەو ساڵە لە بەغدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. بە هۆی ئەوەوە کە هەم خوێندنی لە بەغدا بوو هەم شوێنی کارکردنی، لەو ماوەیەدا لە بەغدا گیرسایەوەو هەڵسوڕانێکی چڕی لە ناو ڕێکخستنەکاندا نیشاندا.

لە تەموزی ساڵی ١٩٧٨ دەزگا ئەمنییەکان چەند سەرەداوێکی ڕێکخستنیان ئاشکرا کردو لە١٦ی هەمان مانگدا دەستگیریان کرد.

لە کاتی گیرانیدا بەرگەی ئەشکەنجەدانی گرتو هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنی نەدرکاند. لە ٢ی کانونی یەکەمدا دادگایی کرا و بڕیاری زیندانی کردنی ١٥ ساڵی بۆ دەرچوو. تا تەموزی ١٩٧٩ لە بەندیخانەی ئەبوغرێب زیندانی کرا. دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

دوای چەند مانگێك لە ئازادکردنی، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوزەنگ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠دا، دوای دامەزراندنی دادگای باڵای شۆڕش، کرایە ئەندامی یەکەم ستافی ئەو دادگایەو لەیەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی دادگاکەدا ئەرکی لێکۆڵینەوەی پێ سپێردراو بەم پێیە وەك دادوەری لێکۆڵینەوە لە دادگای باڵای شۆڕش خزمەتی کرد.

لە کانونی یەکەمی ١٩٨١دا وازی لە دادگا هێنا، ئەرکی ڕێکخستنی گرتە ئەستۆو لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٢ لە کاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان، لە بەرەی ئاڵوەتان ئەرکی لۆجستیکیی پێ سپێردرا و هەر

لەو بەرەیەدا لە کاتی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای پاسدارانی ئێراندا برینداز بوو.

دوای کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنەکە، گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی سێ و لەوێ بەشداریی لە چەند چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا کرد. هاوینی ساڵی ١٩٨٣ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩دا لە هەولێر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەوە کردەوەو هەڵسوڕانێکی دیاری لەم بوارەدا نواند.

پاش رزگارکردنی هەولێر لە١١ی ئازاری ١٩٩١دا، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوە. دوای گەڕانەوەی سوپای عیراق بۆ هەولێر، ئەرکی لۆجستیکیی لە پیرمام گرتە ئەستۆو ماوەیەکیش لەوێ وەك دادوەر کاری کرد. لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی هێزەکانی رژێمی عیراق بۆ سەر پیرمام، ئەرکی گواستنەوەی دیکۆمێنت و نەخشە عەسکەرییەکانی بۆ رەواندز پێ سپێردرا.

پاش شەڕی کۆڕێ و راگرتنی پێشڕەویی هێزەکانی عیراق، لە ڕانیە گیرسایەوەو وەك دادوەری شۆڕش لەوێ دامەزرا. لە هاویندا گوێزرایەوە بۆ شەقڵاوەو لەوێ وەك دادوەری شۆڕش دەستبەکار بوو. هاوینی ساڵی ١٩٩٢ لە مەڵبەندی هەولێری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دامەزراو لە بەشی تەکنیکیی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیدا کاری کرد. لە کۆتایی ساڵدا وازی لەم کارە هێنا و لە مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر لێپرساوەتیی بەشی هۆشیاری و روناکبیریی کۆمیتەی دووی کاسبکارانی پێ سپێردرا. لەو بەشەدا بڵاوکراوەیەکی بە ناوی «هۆشیاری»یەوە دەرکرد کە لەو ماوەیەدا ٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

لەو ماوەیەدا نیشانەی نەخۆشیی لێ دەرکەوت و کاریگەریی لەسەر تەندروستیی بەجێ هێشت. لێرە بەدواوە لەگەڵ نەخۆشیدا ژیانی بردە سەر، تا لە دواییدا لە٢٧ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٩دا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

لە پاش خۆی ژمارەیەکی زۆر وتاری بەجێ هێشتووە کە لەگۆڤارەکانی کاروان، رامان، تەرازوو، تەندروستی، گوڵان، یاساپارێز، روناهی، چارەنوس و پەیامی ئاشتی بڵاوکراونەتەوە. بەرنامەیەکی رۆژانەشی بە ناوی «مێژوو» لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان هەبوو.

دیارترین بەرهەمەکانی: «بەرەو پێناسەیەکی ورد بۆ چەمکی ئیسلامی سیاسی» (٢٠٠٤).

## قاسمە رەش (خولی هەواڵگری)

خولێکی هەواڵگرییە ساڵی ١٩٩٠ لە قاسمە ڕەش کە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بووە، بەڕێوە چووە. خولەکە لە حوزەیرانی ١٩٩٠ لە چوارچێوەی بەرنامەی رێکخستنی بەتالیۆنەکان رێك خراوە. دامەزراندنی بەتالیۆنەکان پاش دامەزراندنی سیستەمی هەرێمەکان لە ساڵی ١٩٧٧و سیستەمی تیپەکان لە ساڵی ١٩٨٢، سێیەم جۆری سیستەمی یەکەی هێزی پێشمەرگە بوو. بە پێی سیستەمی بەتالیۆنەکان، لە هەر سێ تیپ بەتالیۆنێك پێك هێنرا کە فەرماندەو جێگری فەرماندەو رابەری سیاسیی خۆی هەبوو. هەر بەتالیۆنێك لەچەند بەشێك پێك هاتبوو. یەکێ لە بەشەکان دەزگای هەواڵگری بوو.

خولەکەی قاسمە ڕەش تایبەت بوو بە بەشی هەواڵگری کە تازە لەبەتالیۆنەکان پێك هێنرا بوو. لە هەر چوار مەڵبەندەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ٢٣ کادیر بۆ بەشداری کردن لە خولی دەزگای هەواڵگریی قاسمەڕەش هەڵبژێردران. هەرچەند خولەکە لە ناوەڕۆکدا خولێکی هەواڵگری بوو، بەڵام هەندێ وانەی رۆشنبیریشی تێدا وترایەوە.



خولەکە یەك مانگی خایاند. دارا تۆفیق ئاغا وەك بەرپرسی دەزگای هەواڵگری، سەرپەرشتیی خولەکەی کرد. چوار مامۆستا وانەیان لە خولەکە وتۆتەوە کە ئەمانەن: نەوشیروان مستەفا، قادر حەمە جان، دارا تۆفیق ئاغا و شێردڵ حەوێزی. نەوشیروان مستەفا چەند وانەیەکی لە خولەکە وتەوە لەوانە ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی ئاوو ئاسایشی وزە. قادر حەمە جان وانەی لێکۆڵینەوە، دارا تۆفیق ئاغا وانەی هەواڵگری‌و شێردڵ حەوێزی وانەی پێکهاتەی سوپای عیراقی وتەوە.

ناوی بەشێك لەو کادیرانەی کە لەم خولەدا بەشدار بون: عوسمان مەحمود حەسەن سەنگەسەری، حەیدەر حاجیتانی، رەزا قەڵادزەیی، هێمن ساڵح، سەرکەوت حەسەن جەلال.

## قاسمە رەش (کۆبونەوەی راوێژکارانە)

کۆبونەوەی هاوبەشی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نوێنەرانی مەکتەبەکانی رێکخستن و راگەیاندن و دارایی‌و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە لە قاسمە رەش لە ٢٨ی ئابی ١٩٩٠ بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی بەرپاکردنی راپەرینێکی جەماوەری لە کوردستاندا. پێش کۆبونەوەکە کۆمیتەی سەرکردایەتی بە سەرپەرشتیی نەوشیروان مستەفا زنجیرەیەك کۆبونەوەی بۆ تاوتوێ کردنی ئەگەرەکانی ئایندە بەستبوو، تێیدا ئەگەرەکانی وەك رودانی کودەتاو یاخیبونی سوپا لە عیراق، بەرپابونی راپەرینێکی سەرتاسەری‌و هاتنە ئارای جۆرە کرانەوەیەکی سیاسی لە عیراق، بەوردی خرابونە بەر باس و توێژینەوە. دوای ئەم کۆبونەوانە کارگێڕەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەگوندی زەڵێ کۆبونەوەیان بە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە کردو لەوێدا میکانیزمەکانی بەرپاکردنی راپەڕین تاوتوێ کران.

دواتر، بڕیار درا کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان کۆمیتەی سەرکردایەتی‌و نوێنەرانی مەکتەبەکانی رێکخستن‌و راگەیاندن و دارایی‌و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە بەسەرپەرشتیی نەوشیروان مستەفا لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قاسمە رەش ببەسترێ.

کۆبونەوە هاوبەشەکە ٤٢ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیو کادیری پێشکەوتوو بەشداریی تێدا کرد. بابەتی سەرەکیی کۆبونەوەکە دانانی نەخشەیەکی تۆکمەو هەمەگیر بوو بۆ راپەڕین. کۆبونەوەکە کوردستانی بەسەر دە ناوچەدا دابەش کردو بڕیاریدا لە قۆناغی یەکەمدا هەر ناوچەیەك ئەندامێکی کۆمیتەی سەرکردایەتیو ئەندامێکی دەستەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە سەرپەرشتیی بکاتو هەروەها وا بەگونجاوتر زانرا کە لە قۆناغی دووەمدا کوردستان بەسەر چوار ناوچەدا دابەش بکرێو بۆ هەر یەکێ لە چوار ناوچەکە دەستەیەکی سەرکردایەتی دەستنیشان بکرێ. بەم پێیە، سەرپەرشتی کردنی کاروباری راپەڕین لە ناوچەی سلێمانی بە فەرەیدون عەبدولقادرو عومەر فەتاح و عەلی محەمەد ساڵح سپێردرا، ناوچەی کەرکوك بە عومەر عەبدوڵڵاو شەوکەت حاجی موشیر و عەبدولکەریم حاجی، ناوچەی هەولێر بە کۆسرەت رەسول عەلیو حەسەن کوێستانیو چەتۆ حەوێزی، ناوچەی دهۆك بە نازم عومەر.

لە تەوەرێکی تری کۆبونەوەکەدا بڕیار درا پەیوەندی بە لایەنەکانی بەرەی کوردستانییەوە بکرێ، پرۆژەی راپەڕینیان لەگەڵدا باس بکرێو لەم رووەوە هەماهەنگییان لەگەڵدا بکرێ.

هەروەها کۆبونەکە بە پێویستی زانی لەم رووەوە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیشدا بکرێ.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، کۆبونەوەکە بە پێویستی زانی چەند رێنماییەك بۆ هێزی پێشمەرگەو رێکخستنەکانی ناو شارەکان و شانە چەکدارەکان سەبارەت بە چەند مەسەلەیەك دەربچێ لەوانە قەدەغەکردنی تۆڵەکردنەوە، پاراستنی فەرمانگەو بینا گشتییەکان، قەدەغەکردنی تالان و بڕۆ، پاراستنی دیکۆمێنتەکانی فەرمانگەکانی ئەمنو هەواڵگریی سوپاو بارەگا عەسکەرییەکان و دامودەزگاکانی حزبی بەعس، جگە لەوەی کە کۆبونەوەکە بەپێویستی زانی لە کاتێکی گونجاودا لێبوردنی گشتی بۆ هاوکارانی رژێمی بەعس دەربکرێت.

کۆبونەوەکە بڕیاری دا ژوری ئۆپەراسیۆنەکان و سەنتەری سەرپەرشتی کردنی چالاکییەکان و جموجوڵی هێزی پێشمەرگە لە کاتی راپەڕیندا لە قاسمە رەش بێ، هەروەك بڕیاریش درا راپەڕین بە حزبی نەکرێو هەموو چالاکییەکان بە ناوی بەرەی کوردستانییەوە بن. کۆبونەوەکە بە بایەخێکی زۆرەوە رۆڵی راگەیاندنی لە ڕاپەڕیندا هەڵسەنگاندو لەم رووەوە رێنمایی پێویستی دەرکرد.

لە ئەیلولدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی بەجێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆبونەوەکە کردو رێنمایی پێویستی بۆ رێکخستنەکانی ناو شارەکانو شانە چەکدارەکان دەرکرد. لەو ماوەیەدا بەرنامەکانی رادیۆی «دەنگی گەلی کوردستان» بۆ رومال کردنی باسو خواسی قەیرانی کوێتو ئەگەری لێدانی عیراق تەرخان کران. بۆ خۆئامادەکردنیش بۆ راپەڕین، دەزگایەکی پەخشی رادیۆی ٤١ مەتری لەگوندی زەڵێ دانرا و بۆ کاتی راپەڕین ئامادە کرا، دەزگاکەی تریش کە پەخشی ٧٥ مەتریی پێ دەکرا، بڕیار درا هەر لە شاری سەقز بمێنێتەوە.

لەو ماوەیەدا لەدەرەوەی وڵات کۆنتاکت لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆندا دروست کرا و لە ئێرانیش فەرەیدون عەبدولقادرو شێردڵ حەوێزی لە تاران چاویان بە نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق کەوت و لە کرماشانیش بەکر حاجی سەفەر لە پەیوەندییەکاندا نوێنەرایەتیی یەکێتیی کرد.

لەسەر ئاستی بەرەی کوردستانی، لە ٢٤ی تشرینی دووەمدا نەوشیروان مستەفاو عومەر عەبدوڵڵا سەردانی

گوندی ڕاژانیان کرد لە ناوچەی مەرگەوەڕ کەبارەگای سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ بوو و سەرکردایەتیی پارتییان لە چۆنێتیی دابەش کردنی هێزەکان ئاگادار کردەوە. لە٩ی کانونی یەکەمدا شاندێکی یەکێتیی نیشتمانی سەردانی بارەگای سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی کرد لەگوندی کاولان و کاروباری پەیوەست بە پرۆژەی ڕاپەڕینی لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبەکە تاوتوێ کرد. لە١٠ی کانونی یەکەمدا شاندێکی یەکێتیی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی حەسەن کوێستانی لە ڕاژان بەشداریی لە کۆبونەوەی مەکتەبی ڕاپەڕاندنی بەرەی کوردستانی کردو لەگەڵ خۆیدا تێبینییەکانی سەرکردایەتیی پارتیی سەبارەت بە چۆنێتیی دابەش کردنی هێزەکان هێنایەوە. هەروەها شاندێکی تریش بە سەرۆکایەتیی نازم عومەر و چەتۆ حەویزی بۆ هەماهەنگی و ڕاگۆڕینەوە، لە سەقز لەگەڵ نوێنەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی کۆبۆوە.

هەر لەم سەروبەندەشدا یەکێتیی نیشتمانی هەموو بارەگاکانی لە قاسمە ڕەشەوە بۆ ناوزەنگ و زەڵێ گواستەوە بۆ ئەوەی بەرەی کوردستانی ژوری ئۆپەراسیۆنەکان و بنکەی سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕین لە قاسمە ڕەش دابنێ.

بەشداربووانی کۆبونەوەی قاسمە ڕەش: ١-نەوشیروان مستەفا ئەمین، ٢-سەفین مەلا قەرە، ٣-چەتۆ حەویزی، ٤-نەوزاد کاکە ڕەش، ٥-حسێن کەریم قادر ناسراو بە حەمە سەعید، ٦-بێستون عەبدولڕەحمان کاکە حەمە، ٧-شێردڵ حەویزی، ٨-ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود ناسراو بەڕێباز، ٩-کوردۆ قاسم، ١٠-جەبار یاوەر، ١١-سەعدون یەدوڵڵا شەفی، ١٢-محەمەد غەریب عەبدوڵلا ناسراو بەئازادی سەگرمە، ١٣-ئازاد ڕەفیق چالاك، ١٤-موحسین عەلی ئەکبەر، ١٥-جەمال حەمە حەمە کەریم، ١٦-عومەر فەتاح حسێن، ١٧-خەلیل نیعمەت دۆسکی، ١٨-سەلاح محەمەد فەرەج، ١٩-غەریب هەڵەدنی، ٢٠-ڕەحمان سەیدا، ٢١-حەسەن کوێستانی، ٢٢-ڕێبوار ئیسماعیل عەبدوڵڵا، ٢٣-سیروان کوێخا نەجم، ٢٤-سەیوان محەمەد ئەحمەد، ٢٥-ڕەهبەر سەید برایم، ٢٦-عەلی عەبدوڵڵا ئەحمەد، ٢٧-عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر، ٢٨-حامد حاجی غالی، ٢٩-حەسەن حەمید ناسراو بە مام ڕۆستەم، ٣٠-جەعفەر شێخ مستەفا، ٣١-قادر حەمە جان، ٣٢-عومەر غەریب، ٣٣-مەحمود سەنگاوی، ٣٤-عومەر عەبدوڵلا، ٣٥-جەمیل هەورامی، ٣٦-سلێمان عارەب ئیسماعیل، ٣٧-جەبار فەرمان، ٣٨-عەبدولکەریم حاجی، ٣٩-عەلی محەمەد ساڵح، ٤٠-سەلیم محەمەد عەباس، ٤١-کامل قادر سادق، ٤٢-عەبدوڵڵا عومەر.

## قاهیرە (ئۆفیسی پەیوەندییەکان)

ئۆفیسی نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاهیرەی پایتەختی میسر کە ڕۆڵی دەزگای دپلۆماتکاری یەکێتیی لەو وڵاتە گێڕاوە. ساڵی ١٩٩٧ لەگەڕەکی زەمالیك لە شاری قاهیرە کرایەوە. یەکەم لێپرسراوی عەدنان موفتییە کە تا ساڵی ١٩٩٩ لەوێ دەستبەکار بوو، پاشان حازم یوسفی جێی گرتەوە. ساڵی ٢٠٠٨ بارەگای ئۆفیسەکە لەزەمالیکەوە گوێزرایەوە بۆ مەدینەی نەسر. دوای ئەوەی کە حازم یوسفی لە ساڵی ٢٠٠٩ کرایە باڵیۆزی عیراق لە مەغریب، لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ یاسین ڕەئوف، ناسراو بە مەلا یاسین، بووە لێپرسراوی ئۆفیسەکە.

ئامانجی ئۆفیسەکە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی کورد- میسر بە شێوەیەکی گشتی و پەیوەندییەکانی یەکێتی- میسرە بە شێوەیەکی تایبەت. یەکێ لە



چالاکییە رۆشنبیرییەکانی ئۆفیس، دەرکردنی گۆڤارێکی سیاسی- رۆشنبیرییە، بە زمانی عەرەبی لە قاهیرە بە ناوی «ئیشراقات کوردییە» کە یەکەم ژمارەی لە ئابی ٢٠١١ دەرچووە.

## قڕگە (رووداو)

رووداوی شەهید کردنی ١٦ پێشمەرگە لە بۆسەیەکی جاشەکاندا لەگوندی قڕگە لە نزیك شاری سلێمانی لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٣دا. هێزێکی تێکەڵەی پێشمەرگە بە فەرماندەیی حسێن بەرزنجیو عەبدولڕەحمان بەرزنجی، پاش ئەنجامدانی چالاکییەك لە ناو شاری سلێمانی، بەرەو بنکەکانی خۆی لە دۆڵی جافەتیو شارباژێر دەگەڕایەوە. لە شەوێکی رەمەزانداو لە کاتی پارشێودا هێزەکە لەگوندی قڕگە لایداو پشویەکی کورتی دا. لەگوندەکەدا پێشمەرگەکان بە سواریی دوو تراکتۆر بەرەو بنکەکانیان ملی رێگایان گرتە بەر. لە نێوان هەردوو گوندی قڕگەو وێڵەدەر جاش بۆسەی دانا بوو. هەر کە تراکتۆری یەکەم کەوتە ناو بۆسەکەوە، جاشەکان بەئارپیجی لە پێشمەرگەکانیان دا و زۆر بەچڕی دەستڕێژیان لێ کردن. لە ئاکامدا ١٦ پێشمەرگە شەهید بون کە ئەمانەن: ئاگری نوری رەزا، ئاراس مەحمود هەمزە، تەها عەبدوڵڵا محەمەد سەعید، محەمەد کەریم سالح محەمەد، ئازاد رەشید عارف، عیسا غەفور محەمەد ئەمین، نەوزاد محەمەد تاهیر، محەمەد عەبدولکەریم قادر، محەمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد، بەکر رەحمان حسێن، عومەر شەریف مستەفا، رەحیم عوسمان کەریم، دڵشاد نەوزاد مستەفا، سالار فەتحوڵڵا محەمەد، کاروان عومەر محەمەد، ئامانج عەبدوڵڵا محەمەد. هەروەها لەگەڵ پێشمەرگەکاندا شوفێری تراکتۆرەکە غەفور

عەبدولکەریم محەمەد کە خەڵکی قڕگە بوو، شەهید کرا. فەرماندەی ئەم بەشەی هێزەکە، حسێن بەرزنجی، بەخەستی بریندار بوو بەڵام توانی خۆی دەرباز بکاو لە ناو شارایەکی دەغل و دان خۆی بشارێتەوە. پێشمەرگەکانیش فەرەیدون بەرزنجیو ئازاد عەلی بە برینداری دەرباز بون. بەڵام پێشمەرگەیەکیش بە ناوی نەوزاد عومەر بەبرینداری بە دیل گیرا. خەڵکی گوندەکانی قڕگەو رازیانەو وێڵەدەرو داربەڕوو هەر ئەو شەوە هاوکاریی دوو پێشمەرگە بریندارەکەیان کردو گەیاندییانە شوێنی دور لە مەترسی.

تراکتۆری دووەم کە لە دواوە بوو، تەقەی لێ نەکرا و پێشمەرگەکانی هیچ زیانیان پێ نەگەیی، بەڵام لەبەر ئەوەی لەشوێنی بۆسەکەوە دور بون، فریای هاوڕێکانیان نەکەوتن. هەر ئەو شەوە، پێشمەرگەکانی بەشەکەی تری هێزەکە گەیشتنە شوێنی بۆسەکەو حسێن بەرزنجییان بە برینداری دۆزییەوەو بەکۆڵ گەیاندییانە گوندی وێڵەدەرو بۆ بەیانییەکەی بردیانە نەخۆشخانەی شۆڕش لەگوندی باراو.

جاشەکان تەرمی هەر ١٦ پێشمەرگەکەیان لەگەڵ خۆیان بردبوە شارو رادەستی لێپرسراوانی حکومەتی عیراقیان کردبوو. دەزگا حکومییەکان هەر ١٦ تەرمەکەیان لە یەك گۆڕی بەکۆمەڵدا ناشت. گەیشتنی هەواڵی روداوەکەی قڕگە بۆ ناو سلێمانی، شاری وروژاندو بووە مایەی ئەوەی سێ شەو لەسەر یەك خۆپیشاندان شار بتەنێتەوە.

دەزگا ئەمنییەکان زۆر لە روداوەکە ترسا بون. یەکەم جار بوو لە بۆسەیەکدا ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە شەهید بکرێن. دەزگا ئەمنییەکان هەم دەترسان روداوەکە خۆپیشاندانو پێکدادانی لێ بکەوێتەوەو هەم دەترسان هێزی پێشمەرگە بۆ تۆڵەسەندنەوە ئۆپەراسیۆنێکی گەورە لە ناو سلێمانی ئەنجام بدا. بۆیە لە ٢ی تەموزدا ناردیان بەدوای کەسوکاری ١٦ پێشمەرگەکەو داوایان لێ کردن کار بۆ راگرتنی خۆپیشاندانەکان و دروست نەبونی کێشە بکەن. بەڕێوەبەری ئاسایش کە خۆی کۆبونەوەی بە کەسوکاری پێشمەرگەکان کردبوو، بەڵێنی پێ دان کە تەرمی پێشمەرگەکانیان دەدەنەوە. رۆژی دواتر دەزگا ئەمنییەکان بەهێزێکی زۆرەوە کەسوکاری پێشمەرگەکانیان بردە سەر گۆڕە بە کۆمەڵەکەو رێیان پێ دان تەرمەکان دەربێنن. تەرمی پێشمەرگەکان لە نزیك شوێنی شەهید بونیان بە تەنیشت یەکەوەو بە شێوەیەکی شایستە بە خاك سپێردران.

## قوباد تاڵەبانی



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جێگری سەرۆکی هەردوو کابینەی هەشتەم و نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ناوی تەواوی قوباد جەلال حوسامەددین تاڵەبانی . کوڕی بچوکی جەلال تاڵەبانیی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٧ی دیمەشق. هەر ئەو ساڵە، دوای گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ کوردستان بۆ رابەرایەتیکردنی خەباتی چەکدار، دایکی کە هێرۆ برایم ئەحمەدە، گواستییەوە بۆ بریتانیا. لەوێ ، خۆی و بافڵی برای، لە لای باپیرەی، برایم ئەحمەد و نەنکی ، گەلاوێژ خان، ژیانیان بەسەر برد.

پاش تەواوکردنی خوێندنی لە های سکول، بەردەوام بوو لەسەر خوێندن لە کۆلیجی کارشالتۆن لە باشوری لەندەن و بڕوانامەی دبلۆمی بەدەستهێنا.

دواتــر درێــژەی بــە خوێــندن دا و بــڕوانامــەی لە ئــەندازیــاریــی میکانیکی لــە زانــکــۆی کنگستۆن بەدەستهێنا.

لەو ماوەیەی کە لە بریتانیا بوو، وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، بەشدار بوو لە هەندێ لە کۆبونەوە و کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق کە تێیدا پرسی روخانی رژێمی عیراق بە پشتیوانیی رۆژئاوا تاوتوێ کرا.

یەکەم لێپرسراوەتیی باڵا کە لە ئەستۆی گرتووە، لە ساڵی ۲۰۰۱ دا بوو، کاتێك بووە جێگری دکتۆر بەرهەم ساڵح نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە واشنتۆن . ساڵی ۲۰۰۳، دوا بە دوای روخانی رژێمی عیراق، گەڕایەوە بۆ کوردستان و ئەرکی رێکخستنی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزەکانی ئەمریکای گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر ، گەرایەوە بۆ ئەمریکا و لێپرسراوەتیی نوێنەرایەتیکردنی حزبی لە واشنتۆن لە ئەستۆ گرت. ساڵی ۲۰۰٦ دوا بە دوای یەکخستنەوەی هــەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێری حکومەتی هــەرێمی کــوردســتــان، بــووە نــوێــنــەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن و تا ساڵی ۲۰۱۲ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو. ساڵی ۲۰۱۲ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لێپرسراوەتیی فەرمانگەی هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێ سپێردرا.

ساڵی ۲۰۱٤ لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی، لێپرسراوەتیی جێگری سەرۆکی حکومەتی لە ئەستۆ گرت. لەو ماوەیەدا ئەرکی بەرێوەبردنی سیستمی بایۆمەتریی وەك بەشێکی پرۆسەی چاکسازی لــە بــواری مــوچــە و خانەنشینی و رێکخستنەوەی پەیکەربەندیی دامــودەزگــاکــانــی حکومەتدا گرتە ئەستۆ . هەروەها رۆڵێکی دیاری لە سازکردنی دەستپێشخەرییەکی تایبەت بە شەفافیەت لە بواری هەنارده و داهاتەکانی نەوتی کوردستاندا نواند . لە ئاکامدا ئەو راپۆرتانەی کە کۆمپانیاکانی دیلۆیت و ئێرنست ئاند یۆنگ لەم بارەیەوە بڵاویان کردەوە، بەشێکی تەمومژیی ئەم بابەتەیان رەواندەوە.

ساڵی ۲۰۱۸ لە سەروبەندی خۆئامادەکردندا بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا، مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێپرسراوەتیی سەرۆکایەتی کردنی لیستی حزبی پێ سپارد. لەو هەڵبژاردنەدا ۱۸۲,٥٥۱ دەنگی بەدەست هێنا، ۲۱ کورسیی بۆ لیستەکە دابین کرد و پلەی دووەمی بۆ حزب بەدی هێنا.

ساڵی ۲۰۱۹ لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی بۆ جاری دووەم پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی وەرگرت. هەر ئەو ساڵە، لە کۆنگرەی چــوارەمــی یــەکــێــتــیــی نیشتمانیی کــوردســتــان، بەپێی مــاددەی ۲۲ی پــەیــڕەوی نــاوخــۆ، خۆی و دکتۆر بــەرهــەم ساڵح و دکتۆر رێــواز فایق، بە هۆی پۆستەکانیانەوە، راستەوخۆ بە ئەندامانی ئەنجومەنی ســەرکــردایــەتــی هــەڵــبــژێــردران. ساڵی ۲۰۲۰ سەرۆکایەتیی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد لە دانوستانێکی سەختدا لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عیراق بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردولا.

## قۆپی ئەستێری (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ۷٤ی باڵەك و هێزێکی گەورەی کۆماندۆی سوپای عیراق لە ۷ی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۸٦ لە دۆڵی

باڵەییانی سەر بە قەزای چۆمان لە پارێزگای هەولێر.

سوپای عیراق کاتێکی وای بۆ هێرشەکەی هەڵبژاردبوو کە تێیدا دانیشتوانی ناوچەکە سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەروبومی وەرزی پایز بوون. ئەم کارە هێزی پێشمەرگەشی سەرقاڵ کردبوو، چونکە زۆربەی پێشمەرگەکانی ناوچەکە جوتیار بون و لەم وەرزەدا لە کۆکردنەوەی بەروبومدا یارمەتیی کەسوکاری خۆیان دەدا، سەرباری ئەوەی کە لەم وەرزەدا هێزی پشتگیریی ناوچەکەش بەم کارە سەرقاڵ دەبوو. بەم هۆیەوە لەم وەرزەدا دەرفەتێکی لەبار بۆ دزەکردنی هەر هێزێك بۆ ناوچەکە پێك دەهات.

لە کاتی دیاریکراودا هێزەکانی کۆماندۆی سوپای عیراق لە سەربازگەکانی قەسرێ و چۆمان و گوندی رەزانەوە رویان لە دۆڵی باڵەیان کرد و هەڵکشانە سەر قۆپی ئەستێرێ‌و زنجیرە چیاکانی ترشین کە دەڕواننە سەر هەموو گوندەکانی دۆڵی باڵەیان. هەر کە هەواڵی لەشکرکێشییەکە گەیشتە هێزی پێشمەرگە، تیپی ٧٤ی باڵەك خۆی کۆکردەوەو بە ڕابەرایەتیی برایم حاجی کوێخای فەرماندەی تیپەکە بەپەلە بۆ قۆپیی ئەستێرێ سەرکەوت. مەسەلەکە پێشبڕکێ بوو لەگەڵ کاتدا چونکە ئەوەی زوتر بگەیشتایەتە قۆپیی ئەستێرێ چارەنوسی شەڕەکەی دیاری دەکرد. هێزی پێشمەرگە بەماوەیەکی زۆر کەم پێش هێزەکانی سوپا گەیشتە قۆپی‌و لەوێ شەڕەکە بوو بەشەڕێکی دەستەویەخە. شەڕەکە سەعات ٨,٣٠ دەستی پێ کردو دواتر چەند شوێنێکی تری تەنییەوە وەك قۆپی ترشین و ڕێگاکانی کۆڕێ‌و سەرکانو چۆمەو نزیکەی هەشت سەعات درێژەی کێشا. هێزی پشتگیری ڕۆڵێکی گەورەی لە شەڕەکەدا گێڕا.

لە سەروبەندی کشانەوەی هێزەکانی سوپادا، تۆپخانەی دوژمن زۆر بە چڕی قۆپی ئەستێرێی تۆپباران کرد.

هێرشەکەی سوپای عیراق هیچ ئامانجێکی بەدەست نەهێنا. پێش ئێوارە هێزە هێرشبەرەکان دەستیان بە کشانەوە کرد. لە شەڕەکەدا هێزەکانی عیراق زیاتر لە ٨٠ سەربازو کۆماندۆیان لێ کوژرا و دەیان بریندارییشیان هەبوو.

هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر دەیان پارچە چەکدا گرت لەوانە بیکەیسی، ئارپیجی و هاوەنی ٦٠ ملم. بەڵام لە شەڕەکەدا فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەك برایم حاجی کوێخا شەهید بوو، هەروەها سێ پێشمەرگەش بەم ناوانە شەهید بوون: فەرماندەی مەفرەزە حەمەد عەبدوڵڵا سلێمان ناسراو بە حەمەد بیکەیسی، پێشمەرگەی هێزی پشتگیری محەمەد برایم ناسراو بە حاجی نور و پێشمەرگەی هێزی پشتگیری حەمەد ئەمین رەسول ناسراو بە رەسول مامە مینە.

پاش کشانەوەی هێزەکانی عیراق، لە سەربازگەکانەوە دەست بە تۆپباران کردنی ناوچەکە کرا، لە ئەنجامدا کچێکی ١٨ ساڵ بە ناوی زولێخا زرار عەولا شەهید بوو.

لە سەرەتای هێرشەکەدا هێزەکەی عیراق داوای لە هاووڵاتییەکی بەتەمەن بە ناوی حاجی مەحمودی سۆرەبان کردبوو، وەك بەڵەدو شارەزای ناوچەکە چاوساغی بۆ هێزەکە بکات، بەڵام ئەو ئەم کارەی رەت کردبۆوە. هێزەکە بە زۆر حاجی مەحمودی سۆرەبانیی پێش خۆی خستبوو. پاش شکستی ئۆپەراسیۆنەکە، هێزەکە بۆی دەرکەوتبوو کە حاجی مەحمود ڕێگا نزیکەکانی لێ دورخستۆتەوەو کاتێکی زۆری پێ بەفیڕۆ داوەو ئەمەش دەرفەتێکی وای بۆ پێشمەرگە هەڵخستووە کە پێش هێزە هێرشبەرەکە بگاتە قۆپی ئەستێرێ. هێزەکە لە تۆڵەی شکستی ئۆپەراسیۆنەکە، لە دەوروبەری گوندی رەزوێلکە حاجی مەحمودی شەهید کردبوو.

## قوڕە بەرازە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی قوەتی کۆسرەت و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە ساڵی ١٩٧٩ لەگوندی قوڕە بەرازەی دەشتی کۆیە. دوو شەو پێش شەڕەکە، هێزی پێشمەگە بە فەرماندەیی فەرماندەی کەرت شەفیق زاهیر هەشت گوللە ئار پی جیی لە بارەگای جاشەکانی کۆیە دابوو. ئەم چالاکییە دەزگاکانی حکومەتی لەکۆیە تاساندبوو چونکە پێشبینیی ئەوەیان نەدەکرد پێشمەرگە چالاکییەکی لەو جۆرە لە ناو شاری کۆیە ئەنجام بدا. چالاکییەکە کاریگەریی زۆری لەسەر سام و شەوکەتی حکومەت بەجێ هێشتبوو، بۆیە دەزگا ئەمنییەکان و بەرپرسە سوپاییەکان مەبەستیان بوو بەزوترین کات تۆڵەی خۆیان بکەنەوە.

لە ١١ی ئابی ١٩٧٩دا هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق کە لە دوو تیپ‌و هێزێکی گەورەی جاشەکان پێك هاتبوو، بە پاڵپشتی ١٣ هەلیکۆپتەر، هێرشی کردە سەر هێزی پێشمەرگە لەگوندی قوڕە بەرازە. شەڕەکە سەعات ١١ دەستی پێ کردو شێوەی شەڕێکی دەستەویەخەی وەرگرت. لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە ١٤ پێشمەرگەی لێ شەهید بوو، پێنج پێشمەرگەش، هەندێکیان بە برینداری‌و هەندێکیان لەبەر ئەوەی فیشەکیان لێ بڕابوو، بەدیل گیران.

کاربەدەستانی ڕژێمی عیراق لە کۆیە دەیانزانی لێبوردنێک بەڕێوەیە. بۆیە، بۆ ئەوەی دیلەکان بەر لێبوردنەکە نەکەون، لە نیوەشەودا لە ناو سەربازگەی کۆیە گوللەبارانیان کردن و بەمەش ژمارەی شەهیدەکان گەیشتە ١٩ شەهید.

ڕۆژی دواتر کاربەدەستە حکومییەکان تەرمی شەهیدەکانیان بردە نەخۆشخانەی کۆیەو ویستیان هەمویان بە شۆ‌ فل لە یەك گۆڕدا بنێژن بەڵام ئاپۆرەی دانیشتوانی کۆیەو کەسوکاری شەهیدەکان بەرپەرچی ئەم هەوڵەیان دایەوەو توانییان تەرمەکان وەرگرنەوەو خۆیان بە شێوەیەکی شایستە بە خاکیان بسپێرن.

شەهیدەکان: شەفیق زاهیر کەریم، حەوێز ئیسماعیل مەحمود، قوباد فەتحوڵڵا سەعید، جەعفەر سەعید عەباس، ئەحمەد مەحمود ئەحمەد، محەمەد حەمەد قولقولەیی، زاهیر محەمەد شەریف، محەمەد عەزیز عەلی، عومەر ڕەفیق ئەحمەد، ئازاد حاجی ڕەفیق، ئەنوەر حەمەد ئەمین ئیسماعیل، شێروان ئەمین ئیسماعیل، ئاودێر عەبدوڵڵا ساڵح، سەعید محەمەد عەلی، مەولود حاجی عەبدوڵڵا، مەعروف عارف نەجم، محەمەد قادر زەکیە، ڕەفعەت محەمەد، جوبرائیل خدر قادر.

## قوەت

یەکەیەکی هێزی پێشمەرگەیە، لە مەفرەزە گەورەتر بووەو زۆربەی جار بە قەد کەرتێك بووە. ساڵی ١٩٨١ لە کاتی بەسترانی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کێشەکانی ناو هێزی پێشمەرگە تاوتوێ کران و لەم سەروبەندەدا بڕیار درا یەکەی لە هەرێم بچوکتر دروست بکرێ. لە حوزەیراندا دەست بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکە کرا.

بڕیاری پێکهێنانی قوەتەکان بڕیارێکی سەرتاسەری نەبوو، بەڵکو تەنها چەند ناوچەیەکی گرتەوە. زۆربەی ئەو هێزانەی بە قوەت ناسراون، لە هەندێ ناوچەی پارێزگای هەولێر و پشدەر دروست کران و فەرماندەیان بۆ دانرا. قوەتەکان یەکەی سەربەخۆ بون و لە دەرەوەی دەسەڵاتی فەرماندەی هەرێمەکان بون. لە هەندێ ڕووەوە دروست کردنی قوەتەکان زۆرتر چارەسەرێکی کاتی بوو بۆ هەندێ لەو کێشانەی لە ناو هەرێمەکاندا هەبوو.

پێکهێنانی قوەتەکان سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان بوو. بە کردەوە، قوەتە پێکهێنراوەکان قۆناغێکی راگوزەر بون رووەو هەڵوەشاندنەوەی یەکە گەورەکان کە بە هەرێمەکان ناسرا بون و کارکردن بە سیستمی تیپەکان کە یەکەی لە هەرێم بچوکتر بون. دەشێ لەو گۆشە نیگایەوە بڕوانرێتە قوەتەکان کە تێست بون بۆ تاقیکردنەوەی کارایی یەکەی بچوکتر. تاقیکردنەوە ساغی کردەوە کە بچوك کردنەوەی سنوری هەرێمەکان و داهێنانی یەکەی بچوکتر بە ناوی قوەتەوە، ئاسەواری نەرێنیی لەسەر هەڵسوڕان و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بەجێ نەهێشتووە، بگرە بە پێچەوانەوە، دەرکەوت ئاستی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لەو شوێنانەی قوەتیان تێدا دروست کراوە، هەڵکشاوە.

ژمارەی قوەتە پێکهێنراوەکان زۆر نەبوو و دە دانەی تێنەپەڕاند، بەڵام ئەو ژمارەیە بەس بوو بۆ چاودێری کردنی کاریگەرییان، لەوانە قوەتەکانی کۆسرەت، گەڵاڵە، هەورێ، خۆشناوەتی، مەرگە.

ساڵی ١٩٨٢ هەرێمەکان هەڵوەشێنرانەوە و لە هەر هەرێمێك چەند تیپێك پێك هێنران، قوەتەکانیش بە هەمان سنوری خۆیان کران بە تیپ.

بابەتی پەیوەندیدار:

*هەرێم.

## قەرەچوغ (تیپ)

تیپی ٨٧ ی قەرەچوخ. تیپێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ساڵی ١٩٨٥ لە سنوری دەشتی هەولێر پێك هێنراوە. لەمەوبەر سنوری تیپەکە بەشێکی سنوری تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر بووە.

زۆربەی سنوری چالاکیی تیپەکە کەوتۆتە ناوچەکانی باشوری پارێزگای هەولێر کە سێگۆشەی زێی گەورە- روباری دیجلە- زێی بچوك دەگرێتەوە. ئەم سێگۆشەیە لە روی ستراتیجییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لە لایەك ناوچەیەکی نەوتییەو لە روی جوگرافیشەوە هەم لەگەڵ پارێزگای نەینەوا هاوسنورە هەم لەگەڵ پارێزگای کەرکوك، سەرباری ئەوەی کە سنوری تا سەر روباری دیجلە درێژ دەبێتەوە. لە لایەکی ترەوە، سێگۆشەکە، لە چوارچێوەی پلانەکانی حکومەتی عیراقدا، لەو زۆنانە بووە کە رەوتی بە عەرەب کردن، تێیدا بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تر، خێراتر کرابوو و ژمارەیەکی زۆر خێڵی عەرەبی تێدا نیشتەجێ کرابوو. بۆیە پەیامی پێکهێنانی تیپێکی تایبەت بەو سنورە پەیامێکی رون بوو و یەکێ لە ئەرکە هەرە لەپێشینەکانی تیپەکە بەرەنگاربونەوەی پرۆسەکانی بەعەرەب کردن بوو.

بۆ هێزی پێشمەرگە کارکردن لەو سێگۆشەیە زۆر دژوار بوو چونکە هێزێکی گەورەی سوپای عیراقی لێ جێگیر کرابوو و زۆربەی خێڵە عەرەبەکانیشی چەکدار کرابون، سەرباری ئەوەی کە ناوچەکە بە شێوەیەکی سەرەکی تەختاییەکی پانوپۆڕە کە بۆ شەڕی پێشمەرگانە، بە قەد ئەوەی کە پێویستە، دەست نادا. لەگەڵ ئەوەشدا هێزی پێشمەرگە توانیبوی، بە ڕێژە، چالاکیی باش لەو ناوچەیە ئەنجام بدات و بونی خۆی بسەپێنێ.

سنوری چالاکیی تیپەکە لە خوار ڕێگای سەرەکیی هەولێر- کەرکوك دەستی پێ دەکرد، لە لایەك لە روباری دیجلە نزیك دەبۆوەو لە لایەکی ترەوە دەگەیشتە کەڵەکی یاسین ئاغا لەسەر زێی گەورە. گرنگترین سەنتەرە شارستانییەکانی سێگۆشەکە مەخمور، دیبەگە و عەوێنەیە.

تیپەکە سێ فەرماندەی هەیە. یەکەمیان کە بە

دامەزرێنەری تیپەکە دادەنرێ، سەفین مەلا قەرەیە کە پێشتر جێگری فەرماندەی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر بووە، خۆیشی خەڵکی ناوچەکەیە. ساڵی دواتر عومەر حەمەد عەلی ناسراو بە دەشتیی موهەندیس کە رابەری سیاسیی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر بوو، بە پلەی جێگری فەرماندە بۆ تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٧ لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی فەرماندەی تیپەکاندا، مەلا قەرە گوێزرایەوە بۆ سنوری خۆشناوەتی و لەوێ فەرماندەیی تیپی ٩١ ی سەفینی گرتە ئەستۆ. لەو لاشەوە غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود ناسراو بە مامە غەفە لە دەشتی هەولێرەوە گوێزرایەوە بۆ قەرەچوخ و فەرماندەیی تیپی ٨٧ ی قەرەچوغی لە ئەستۆ گرت و هاشم شەمامکی، فەرماندەی کەرتی ٦ ی تیپەکە، کرایە جێگری. لە ساڵی ١٩٨٨ دا فەرماندەیی تیپەکە بە هاشم شەمامکی سپێردرا.

تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ یەکێ لە تیپە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە بووەو بەشداریی لە ژمارەیەك ئۆپەراسیۆنی گەورەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی گرتنی دێگەڵە لە ساڵی ١٩٨٧ و شەڕی دوانزە رۆژەی سماقوڵی لە هەمان ساڵ. هەروەها تیپەکە بەشدار بووە لە ئۆپەراسیۆنی سەری رەش لە ساڵی ١٩٨٨، جگە لەوەی کە رۆڵێکی دیاری لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا هەبووە، هەم لە دۆڵی جافایەتیدا کە فەرماندەیەکی مەفرەزەی بە ناوی ئیسماعیل عەسکەری تێدا شەهید بووە هەم لە سنوری مەڵبەندی ٣، بەتایبەتی لە بەرەکانی گەروی مەنجەڵ و قۆپی جوانەگا. پاش شاڵاوەکانی ئەنفالیش مەفرەزەکانی تیپەکە بە شێوەی پارتیزانی گەڕانەوە سنوری چالاکیی تیپەکە.

تیپەکە ژمارەیەك فەرماندەی کەرتی هەبوە لەوانە سمکۆ قادر نەبی بڵباس، جەلال ئیلنجاغی، عومەر ئەحمەد مەحمود ئەحمەد ناسراو بە عومەر عەوێنە، عەلی عەزیز حسێن عەبدوڵڵا ناسراو بە عەلی دیبەگە، عەبدولمەناف عەبدولوەهاب حەمەد حسێن، برایم ئەنوەر حەسەن.

ساڵی ١٩٨٩ لە چوارچێوەی کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، تیپەکانی ٨٥ ی بەڕانەتی، ٨٦ ی دەشتی هەولێر، ٨٧ ی قەرەچوغ و ٨٨ ی شەمامك لێك دران و لە هەمویان یەك تیپ بە فەرماندەیی جەلال ئیلنجاغی پێك هێنرا.

بابەتی پەیوەندیدار:
*دەشتی هەولێر (تیپ).
*سماقوڵی (شەڕ).

## قەرەچوغ (شەڕ)

شەڕێکە لە سنوری تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە ساڵی ١٩٨٦ دا. بەپێی نەخشەیەکی سوپای عیراق، لە٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ دا هێزەکانی سوپای عیراق لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر سنوری چالاکییەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.

قۆڵی یەکەم، لە شاری مەخمورەوە بەرەو گوندەکانی کێلەشین و مشار و زمارە. هێزی ئەم قۆڵە لە٣ تانكو ١٥٠ ئوتومبیلی پڕ سەربازی کۆماندۆو جاش پێك هاتبوو. قۆڵی دووەم بریتی بوو لە ٣ تانك و ١٠٠ ئوتومبیلی پڕ جاش، ئەویش لە بازاڕگەوە بەرەو مەلاك ئاغا و کەپەنك رەش و کورتاندروو و میل هۆرت. قۆڵی سێیەم لە ناحیەی دیبەگەوە بەرەو تەلەلخێم و زمارە.

لە قۆڵی یەکەمدا پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و مەفرەزەیەکی تیپی٨٥ی بەڕانەتیو مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەگوندی زمارەی سابیر بەرپەرچی پەلامارەکەیان دایەوەو لە سەعات ١٣وە شەڕ دەستی پێ کرد. لە دەستپێکی شەڕەکەدا هێزی پێشمەرگە ژمارەیەکی زۆر سەربازو جاشی لە ناو بردو تانکێکی برازیلیشی سوتاند. سەعات ١٧ هێزێکی تری تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لەگوندی تەلەلخێمەوە بە هانای شەڕەکەوە چوو و لە پشتەوە گەمارۆی هێزەکانی عیراقی دا. دەرکەوتنی کتوپڕی هێزی پێشمەرگە لە قۆڵێکی تری شەڕەکەدا، ریزەکانی هێزەکەی عیراقی شپرزە کردو ناچاری کرد مەیدانی شەڕ بەجێ بێڵێ. هەر لەوێ، لاشەی ١٥ کوژراوی دوژمن لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما.

لە قۆڵی دووەمدا هێزەکەی عیراق لە سەعات ١٥دا لەگوندی میل هۆرت کەوتە بۆسەی هێزی پێشمەرگەوە. هەر لە یەکەم دەستڕێژیدا ژمارەیەکی زۆر جاش لە ناو بران و لەوێ شەڕ دامەزرا. سەعات ١٦ هێزێکی تری پێشمەرگە لەدوو لاوە پەلاماری هێزەکەی دوژمنی دا. لەم سەروبەندەدا هێزەکەی سوپا ئابلوقە دراو تا دەهات مەترسیی لەناوچونی دەبوو بە مەترسییەکی نزیکتر. بۆیە هێزەکە بۆ دەربازبون لە ئەگەری لەناوچون، دوای ئەوەی کە ١٤ لاشەی لە مەیدانی شەڕ بەجێ هێشت، لە ڕێگای موسڵ - کەرکوکەوە رایکردو خۆی گەیاندە دیبەگە. بۆ دابین کردنی دەروازەیەك بۆ دەربازبونی هێزە گەمارۆدراوەکە، هێزەکانی عیراق هەلیکۆپتەری جەنگییان بەکار هێنا کە لە کاتی سەرقاڵبونی هێزەکە بەدەربازبون، هێرشی سەختی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. سەرەڕای سەختیی هێرشی هەلیکۆپتەرەکان، یەکێکیان پێکرا و لە شارۆچکەی گوێڕ کەوتە خوارێ.

لە قۆڵی سێیەمدا هێزەکانی عیراق پەلاماری هێزی پێشمەرگەیان نەدا، بەڵکو کەوتنە وێزەی ئەو گوندنشینانەی کە لە ترسی تۆپباران و هێرشی هەلیکۆپتەر، گوندەکانیان بەجێ هێشتبوو و هانایان بردبوە بناری چیای قەرەچوغ. هێزی پێشمەرگە هەر کە شوێنی هێزەکانی عیراقی لەوێ دیاری کرد، بەرەو شوێنەکە چوو بەڵام هێزەکانی عیراق بە پەلە پروزێ گەڕانەوە بۆ شارۆچکەی گوێڕو خۆیان توشی هیچ شەڕێك نەکرد.

لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق زیاد لە ٧٠ کوژراویان هەبوو کە لاشەی ٣٠ سەربازو جاش لە مەیدانی شەڕ بەجێ مابوو، لەوانە دوانیان پلەی ئەفسەریان هەبوو. سەرباری بەدیل گرتنی دوو جاش. زیانی ماددیی هێزەکانی عیراق بریتی بوو لە تێکشکانی یەك تانکی برازیلیو کەوتنی هەلیکۆپتەرێك و سوتان و پەککەوتنی ١٣ ئوتومبیل. هێزی پێشمەرگە لەم شەڕەدا دەستی بەسەر ٢٠ پارچە چەكو ٩ دەزگای بێسیم و هەندێ کەلوپەلدا گرت.

لە شەڕەکەدا هێزی پێشمەرگە شەهیدێکی بە ناوی عەبدولفەتاح محەمەد ناسراو بە مەریوان هەبوو کە لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتیی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بوو.

## قەرەداغ (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی شاری قەرەداغ لە نیسانی ١٩٨٧. نەخشەی گرتنی قەرەداغ لە١٧ی نیسان لە کۆبونەوەیەکدا بە سەرپەرشتیی جەبار فەرمان لە بارەگای مەڵبەندی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرا و هەر لەو کۆبونەوەیە بڕیار درا ئۆپەراسیۆنەکە لە شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی نیسان ئەنجام بدرێ.



جەبار فەرمان خۆی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکەی کردوە. هێزەکانی بەشدار لەم ئۆپەراسیۆنە بریتین لە تیپی ٣١ی سلێمانی، تیپی ١٥ی هەورامان، تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەك، مەفرەزەیەکی مەڵبەندی دوو، هێزێکی مەڵبەندی یەك، هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان، مەفرەزەیەکی رێکخراوی یەکی کۆمەڵەی رەنجدەران، مەفرەزەیەکی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان، هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێزێکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، مەفرەزەیەکی پارتی سۆسیالیستی کورد(پاسۆك)، هێزێکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و هێزی پشتگیری.

هێزەکان بەپێی نەخشەی دانراو لە دوو قۆڵەوە هێرشیان کرد. قۆڵی باکورو باکوری رۆژهەڵات بە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیو حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك سپێردرا و قۆڵی باشورو باشوری رۆژئاواش بەهێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی کۆمۆنیستی عیراق. تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەکیش بە هاوەن و دۆشکا لە قۆڵی باکور بەشداریی کردو بە دۆشکا و هاوەن و کاتیۆشا لە قۆڵی باشور.

لە قۆڵی باکوردا کەقۆڵە سەرەکییەکە بوو، ئەرکی هێزەکان بریتی بوو لە سەرقاڵ کردنی رەبیەکانی دارەڕەش، گرتنی رەبیەی تلەزەیت بۆ بڕینی رێی سلێمانی- قەرەداغ و لێدانی هەر هێزێکی سوپای عیراق کەبیەوێ لەوێوە بگاتە قەرەداغ، گرتنی سێ رەبیە لە باکوری رۆژهەڵاتی قەرەداغ کە ئەرکیان پاراستنی فەوجەکەی قەرەداغ بوو، گرتنی فەوجی قەرەداغ، گرتنی بارەگای سریەی تەنیشت فەوجەکە، کە هێزی زرەیی لێ بوو، گرتنی رەبیەی سەر فەرمانگەی کارەبا، گرتنی بارەگای ناوەندی ناحیەکە.

لە قۆڵی باشور ئەرکی هێزەکانی پارتی دیموکرات و پارتی کۆمۆنیستی عیراق بریتی بوو لەگرتنی دوو رەبیەکەی باسك قوچو هەناران، گرتنی بارەگای حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و بنکەی پۆلیس.

لە قۆڵی باکوردا هەموو ئامانجەکان بەو چەشنەی کە لە نەخشەکەدا هاتبوون، هێنرانە دی. لە قۆڵی باشوردا هێزەکان دەستیان بەسەر دوو رەبیەکەدا گرتبوو بەڵام هێشتا نەیانتوانی بوو دەست بەسەر بارەگای حزبی بەعسدا بگرن، جگە لەوەی کە هیچ هێزێکیشیان بۆ گرتنی بنکەی پۆلیسەکە نەنارد بوو. بە هۆی ئەمەوە، هێزێکی قۆڵی باکور روی کردە بنکەی پۆلیسەکەو دەستی بەسەردا گرت، هێزێکی تریش لە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیو حزبی سۆسیالیست بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی پارتی دیموکرات و پارتی کۆمۆنیست نێردراو زۆری نەبرد هێزەکان پێکەوە دەستیان بەسەر بارەگای حزبی بەعسدا گرت. هەموو ئۆپەراسیۆنەکە ماوەی سێ سەعاتو نیوی خایاند.

رۆژی دواتر هێزەکانی عیراق چەند هێرشێکیان بە پاڵپشتی تانك و فڕۆکە کردە سەر هێزی پێشمەرگە لە قەرەداغ و تۆپخانەش بە بۆمبی کیمیایی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی تۆپباران کرد.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا زیانی دوژمن بەم جۆرە بوو: لە قۆڵی باکوردا، هێزەکانی عیراق ٨٥ کوژراویان لە سەربازو پۆلیس و جاش هەبوو، ٩٥ی دیکەشیان لێ بە دیل گیرا، لەوانە فەرماندەی سریەو ئەفسەرێکی پۆلیس. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر سێ زرێپۆشدا گرت، دووانیان گەیەنرانە ناوچە رزگارکراوەکان و ئەوی تر پەکی پەکەوتبوو، بۆیە سوتێنرا، سەرباری دەستگرتن بەسەر ١١٦ پارچە چەك و ٨ ئوتومبیلی پڕ تەقەمەنیو یەك شۆفڵو چەند دەزگایەکی بێسیمو بڕێکی زۆری کەلوپەل.

لە قۆڵی باشوردا دوژمن ٣٤ سەربازی لێ بەدیل گیرا. هێزی پێشمەرگەش دەستی بەسەر ٤٦ پارچە چەك و دەزگایەکی بێسیمدا گرت.

## قەرەداغ (هەرێم)

هەرێمی ٥ی قەرەداغ. یەکێکە لە هەرێمە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە. لە یەکەمین کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو وڵات لە ماوەی نێوان ٣١ی ئاب- ١٢ی ئەیلولی ١٩٧٧، بڕیاری دامەزراندنی ئەم هەرێمە دراوە.

سنوری هەرێمەکە ناوچەکانی قەرەداغ و بازیان و جەباریو گەرمیانی گرتۆتەوەو بەشێکی ڕێگای ستراتیجیی سلێمانی- کەرکوك لە سنوری ئەم هەرێمەدا بووە. لەدەرەوەی ئەم ناوچانە، هێزی پێشمەرگەی ئەم هەرێمە لە ماوەی نێوان ١٩٧٨- ١٩٨٢ چەندین چالاکیی لە ناو شاری سلێمانی ئەنجام داوە.

ئەم هەرێمە سێ فەرماندەی بەخۆیەوە دیوە. یەکەمیان عومەر عەبدوڵڵایە کە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆبونەوەی برادۆستی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێپرساوەتیی هەرێمەکەی پێ سپێردراوە. سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ فەیسەل رەشید تاڵەبانی کە فەرماندەی کەرتی یەکی هەرێمەکە بوو، لێپرساوەتیی هەرێمەکەی پێ سپێردرا. لەو کاتەدا هەرێمەکە لە سێ کەرت پێکهاتبوو: کەرتی یەکی بازیان بە فەرماندەیی حەسەن حەمید بازیانی ناسراو بە رۆستەمو کەرتی دووی گەرمیان بە فەرماندەیی سامان گەرمیانیو کەرتی ٣ی قەرەداغ بە فەرماندەیی حسێن حاجی حەسەن ناسراو بە گۆران.

پاش شەهیدبونی فەیسەڵ رەشید تاڵەبانی لەنیسانی ١٩٧٩ لە نزیك گوندی زێڕینجۆی ناوچەی شارەزور، مستەفا چاوڕەش فەرەماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ گوێزرایەوە بۆ قەرەداغ و لێپرساوەتیی هەرێمەکەی پێ سپێردرا.

بە درێژایی ماوەی نێوان ١٩٧٨- ١٩٨٢ هەرێمی

٥ی قەرەداغ یەکێ لە هەرێمە هەرە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە بوو. لە ساڵی ١٩٧٩دا هەرێمەکە لە سۆنگەی گەورەیی قەوارەی چالاکییەکانی، نازناوی قارەمانی ساڵی پێ بەخشرا. لەو ساڵەدا هێزی پێشمەرگەی هەرێمەکە ١٥٢ چالاکیی ئەنجام داوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا هەرێمەکە هەمان ئەنجامی بەدەست هێنایەوەو بۆ جاری دووەم ناوناوی قارەمانی ساڵی بەدەست هێنایەوە چونکە لە ماوەی ساڵێکدا ٢٣٠ چالاکیی لە دژی هێزەکانی عیراق و جاشەکان ئەنجام دابوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا هەرێمەکە لە پێنج کەرت پێکهاتبوو کەبریتی بون لەکەرتەکانی قەرەداغ، بازیان، جەباری، کفریو دوز. ساڵی ١٩٨٢، پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، هەرێمەکە سێ تیپی لێ دروست کرا کە بریتی بون لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ کە سنورەکەی هەمان سنوری کەرتی یەکی قەرەداغ بوو، تیپی ٥١ی گەرمیان کە سنورەکەی هەمان سنوری کەرتی ٣ی کفریو کەرتی ٥ی دوز بوو، تیپی ٥٧ی سەگرمە کە سنورەکەی هەمان سنوری کەرتی ٢ی بازیانو کەرتی ٤ی جەباری بوو.

## قەرەداغ (تیپ)

تیپی ٥٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٨٢ لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ پێك هێنراوە. لە سەرەتاداو لە کاتێکدا کە هێشتا بیر لە هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان نەکرابۆوە، پرۆژەیەکی تایبەت بۆ دروست کردنی هەرێمێك لە ناوچەی گەرمیان لە ئارادا بوو. نیاز وابوو گەرمیان لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ جیا بکرێتەوەو هەرێمێکی تازە بە ناوی هەرێمی ٦ی گەرمیانەوە لەوێ پێك بهێنرێ. لەم سەروبەندەدا سامان گەرمیانی کاندید کرابوو بۆ فەرماندەیی هەرێمە تازەکە. بەڵام لە دواییدا بۆچونەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە تەواوی هەرێمەکان هەڵبوەشێنرێنەوەو لە هەر هەرێمێك چەند تیپێك پێك بهێنرێن. بەم پێیە، کاتێك لە ساڵی ١٩٨٢دا بڕیار درا هەرێمەکان هەڵبوەشێنرێنەوەو تیپیان لێ پێك بهێنرێ، بڕیار درا هەرێمی ٥ی قەرەداغ بەسەر سێ تیپ دا دابەش بکرێ کە یەکێکیان تیپی ٥٥ی قەرەداغ بوو. سنوری تیپەکە هەمان سنوری کەرتی یەکی قەرەداغ بوو. دواتر، پاش دامەزراندنی مەڵبەندەکان، تیپەکە کەوتە سنوری مەڵبەندی یەك.

یەکەم شەڕی گەورەی تیپەکە شەڕەکەی ساڵی ١٩٨٢ی ژاڵە دەربەندە کە یەکەم شەڕە هێزی پێشمەرگە لە ناو گوند ئەنجامی بدا. لەم شەڕەدا فەرماندەی تیپ حەسەن حەمید بریندار بوو بەڵام هێزی پێشمەرگە زیانی گیانیی نەبوو. دوژمن لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر کوژراو و برینداری هەبوو، دوو هەلیکۆپتەریش پێکران.

تیپەکە سێ فەرماندەی بە خۆیەوە دیوە. یەکەم فەرماندەی، حەسەن حەمید ناسراو بە مام ڕۆستەمەو یەکەم جێگری فەرماندەی تیپ جەعفەر شێخ مستەفایە. هەر ئەو ساڵە، جێگۆڕکێ بە هەندێ لە فەرماندەکان کرا. لەم سەروبەندەدا حەسەن حەمید بۆ ناوچەی شوان گوێزرایەوەو کرایە فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوك، جەعفەر شێخ مستەفاش بۆ پیرەمەگرون گوێزرایەوەو کرایە سەرپەرشتیاری تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، هەروەها مەحمود سەنگاوی کە فەرماندەی کەرتی ١ی تیپەکە بوو، وەك جێگری فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە چوو بۆ بازیان.

حامد حاجی غالی دووەمین فەرماندەی تیپەکەیەو تا ساڵی ١٩٨٥ فەرماندەیی تیپەکەی کردووە، دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٨٥دا کرایە بەرپرسی عەسکەریی مەڵبەندی دوو لە گوندی سەرگەڵووی

دۆڵی جافایەتی، ئاوات قارەمانی کە فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بوو، گوێزرایەوە بۆ قەرەداغ و کرایە فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٨٧ قارەمانی کرایە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی یەك و لەم سۆنگەیەوە حەمە سەعید حاجی غەریب ناسراو بە حەمە سەعید سێتەڵانی، جێگری فەرماندەی تیپی ١٥ی هەورامان، وەك چوارەم فەرماندەی تیپەکە دەستبەکار بوو، بەڵام سێتەڵانی کەم لە فەرماندەیی تیپ مایەوە چونکە لە شەوی ٢٩/٢٨ی ئەیلولی هەمان ساڵ لە کاتی بەشداریی تیپەکە لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکەی زڕگوێز، لەگەڵ فەرماندەی کەرتێکی تیپی ٥٩ی حەمرین و فەرماندەی کەرتێکی تیپی ٥٧ی سەگرمە، شەهید بوو.

هەر ئەو ساڵە ئەحمەد محەمەد ئەمین ناسراو بە مەلا ئەحمەد کەلاری لێپرسراوەتیی فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٨ تیپەکە رۆڵێکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی دووەمی ئەنفالدا گێڕا، پاش شاڵاوەکەش مەفرەزەکانی تیپەکە لە ناوچەکە مانەوەو هەر لەو مەفرەزانە یەکەمین دەستەی پارتیزان لە قەرەداغ و گەرمیان بەلێپرسراوەتیی فەرماندەی تیپەکە پێك هات. لە ڕاستیشدا نەریتی پارتیزانی لە قۆناغی پاش شەڕی کیمیایی و شاڵاوی ئەنفال لەسەر دەستی دەستە پارتیزانەکانی قەرەداغ و گەرمیان داهات. لە ١٩ی شوباتی ١٩٨٩ لە ڕوداوی روخانی ئەشکەوتی داری خلەدا، فەرماندەی تیپ ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین و شەش پێشمەرگەی تر شەهید بوون.

تیپی ٥٥ی قەرەداغ بە یەکێ لە تیپە هەرە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە دادەندرێ و پێشمەرگەو فەرماندەکانی توانیویانە مێژویەکی پڕ سەروەری بۆ تیپەکە تۆمار بکەن. تیپەکە بەشدارییەکی کارای لە زۆربەی ئۆپەراسیۆنە گەورەکاندا کردووە کە بەشێکی زۆری لە دەرەوەی سنوری تیپەکە بووە لەوانە لە ساڵی ١٩٨٥دا ئۆپەراسیۆنی دابان- هەلاج، لە ساڵی ١٩٨٦دا ئۆپەراسیۆنی موشەکباران کردنی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك و ئۆپەراسیۆنی گرتنی قادر کەرەم و ئۆپەراسیۆنی گرتنی سەنگاو بۆ جاری دووەم، لە ساڵی ١٩٨٧دا ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری و ئۆپەراسیۆنی چەرمەگاو گرتنی شاری قەرەداغ، لە ساڵی ١٩٨٨دا شەڕەکانی دۆڵی جافەتی لە سەروبەندی یەکەمین شاڵاوی ئەنفال و لە ساڵی ١٩٨٩دا شەڕەکانی سادر.

## قەرەگۆڵ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی تیپی ٣١ی پێنجوێنە لەسەر ڕێگای گشتیی عەربەت ـ زەڕایەن لە نزیك گوندی قەرەگۆڵ. لە ٩ی شوباتی ١٩٨٣ پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی تیپی ٣١ی پێنجوێن لە نزیك گوندی قەرەگۆڵ لەسەر ڕێگای گشتیی عەربەت ـ زەڕایەن بۆسەیان دانا. سەعات ١٦,٣٠ ئوتومبیلێکی جاشەکانی هەڵەبجە کەوتە بۆسەکەوە. پێشمەرگەکان دایانە بەر ئاگری چەکەکانیان و سێ جاشیان بریندار کرد.

ڕۆژی دواتر، هێزێکی گەورەی سەربازو جاشەکانی سلێمانیو تەوێڵەو زەڕایەن بە پاڵپشتی پێنج هەلیکۆپتەر هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر گوندەکانی کانی هەنجیر، ئاوەکەڵە، سێ تەلان، هەردوو گوندی کۆرەی سەروو و کۆرەی خواروو لە ناوچەی قەرەداغ.

پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی شارەزور و کەرتی ٥ی تانجەرۆی سەر بە تیپی ٥٥ی قەرەداغ روبەڕوی هێزەکە بونەوە. شەڕ ٩ سەعات درێژە کێشا و تا سەعات ١٦ هێزی پێشمەرگە ٤ هێرشی دوژمنی تێکشکاند. لەم شەڕەدا دوژمن بە هاوەن و لە

ئاسمانەوە بە موشەکی هەلیکۆپتەرەکان سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوتا.

سەرەڕای سەختیی هێرشەکان، هێزی پێشمەرگە زیانی گەورەی لە هێزەکانی دوژمن دا و نەیهێشت ئامانجەکانی بەدی بێنێ. جاشەکان ١٢ کەسیان لێ کوژرا. لاشەی سێ جاش لەمەیدانی شەڕ بەجێ ما، سەرباری بریندابونی ١٠ جاشی تر. لە شەڕەکەدا هەلیکۆپتەرێك پێکرا.

هێزی پێشمەرگە یەك شەهیدی بە ناوی کەریم رەسول مەحمود لەکەرتی ٥ی تانجەرۆی سەر بە تیپی ٥٥ی قەرەداغ‌و ٣ برینداری هەبوو. لەهاووڵاتییانیش ژنێك بە ناوی خانم ساڵح و منداڵێکی پێنج ساڵان بە ناوی ئاشتی حاجی ساڵح شەهید بون، سێ هاووڵاتیی دیکەش بە ناوی غەفور ساڵح و محەمەد عەبدول ساڵح‌و محەمەد ئەمین بە سوکی بریندار بون.

## قەرەنگوێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٤ و هێزێکی سوپای عیراق لەگوندی قەرەنگوێ لە ناوچەی دوکان لە ٤ی شوباتی ١٩٧٩. هێزەکەی سوپای عیراق بە هەلیکۆپتەر هێرشی کردە سەر گوندی قەرەنگوێ، هێزی پێشمەرگەش بەرەنگاری بۆوەو لە ئاکامدا یەك هەلیکۆپتەری جەنگی کەوتە خوارەوە، ١٠ سەرباز کوژران و ٧ سەربازی دیکەش بریندار بوون.

## قەرەنیاغا (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگانەیە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣، بە هەماهەنگی لە نێوان کەرتی ڕێکخستنی رانیە کە بارەگاکەی لەگوندی دارەبەن بوو و تیپی ٩١ی سەفین کە فەرماندەکەی عەلی نەبی بوو، ئەنجام دراوە. ئامانجی چالاکییەکە گرتنی بازگەو رەبیەی گوندی قەرەنیاغا بوو.

پاش کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست و دانانی پلانێکی ورد، بڕیار درا ٨ پێشمەرگە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە تەرخان بکرێن‌و لەم رووەوە کەرتی ڕێکخستن ٤ پێشمەرگەی دابین کردو تیپی ٩١ی سەفین ٤ پێشمەرگەی تر. هەروەها بڕیار درا خودی فەرماندەی تیپ عەلی نەبی بەشداریی تێدا بکا.

سەعات ٣,١٥ی بەیانی دەست بە چالاکییە کرا چونکە ئەو کاتە کاتی گۆڕینی ئێشکگرەکانی بازگەکە بوو. لە ماوەیەکی کورتدا هەر ٣ سەربازی بازگەکە بەدیل گیران‌و دوا بەدوای ئەمە، دەست بە قۆناغی دووەمی چالاکییەکە کرا کە بریتی بوو لەدەست گرتن بەسەر رەبیەکەدا. بە پێی پلانەکە، وا دانرابوو پێشمەرگەکان دزە بکەنە ناو رەبیەکەو بەخشکەیی دەستی بەسەردا بگرن و پاش بەدیل گرتنی سەربازەکان، بیسوتێنن بەڵام ئاشکرابونی دزەکردنەکە پێشمەرگەکانی ناچار کرد رەبیەکە بدەنە بەر ئاگری گوللەکانیان‌و بەسەر سەربازەکاندا بیڕوخێنن. لەگەڵ دروستبونی تەقە لە ناو رەبیەکەدا، رەبیەکەی تری هێزەکانی عێراق لەگوندی کانی ماران کەوتە تەقەکردن لە پێشمەرگەکان. ئیتر پاش ئەوەی پێشمەرگەکان زیانێکی زۆریان بەرەبیەکە گەیاند، بە ٣ دیلەوە کشانەوەو رووەو گوندی زنگزنگە بەڕێ کەوتن و لەوێوە چونە گوندی سەرکەپکان. بەر لەوەی هێزەکە بگاتە سەر ڕێگای چوارقوڕنە - سەروچاوە، هێزەکانی عێراق هەموو رێوبانەکانیان گرتبوو، بۆیە پێشمەرگەکان بە دیلەکانەوە لە بەرزایی ناڵەشکێن مانەوەو بۆ ئێوارە چونە کفرەدۆڵ. پاش دڵنیابون لە

گەڕانەوەی هێزەکانی دوژمن، وردە وردە رووەو دۆڵێ ڕۆیشتن و دواتر دیلەکانیان بۆ گوندی بالیسان نارد کە بارەگای مەڵبەندی ٣ی لێ بوو. پێشمەرگەکان بێ زیان بون.

ناوی هەندێ لەو پێشمەرگانەی کە بەشدارییان لە چالاکییەکەدا کردووە: عەلی نەبی، وریای مام کوێخا، فەیسەل رەسول خۆشناو (هەڵۆ)، عەلی قادر، حەمەد حاجی مەلا.

## قەرەوەیس (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگانەیە لە نێوان گوندی قەرەوەیس و گوندی گوڵەبان لەسەر جادەی قادر کەرەم- چەمچەماڵ لە ٣ی تەموزی ١٩٨٠. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی جەباریی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ بۆسەیان بۆ جاشەکانی چەمچەماڵ نایەوە.

لەسەر رێگای قادر کەرەم- چەمچەماڵ کۆمەڵێك جاش کەوتنە بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان ئاگر بارانیان کردن، لە ئاکامدا ٥ جاش کوژران و ١٠ جاشی دیکەش بریندار بوون. هەندێ لەو جاشانەی لەم چالاکییەدا کوژران، لە ساڵی ١٩٧٨دا دەستیان لە شەهیدکردنی شاسوار جەلال دا هەبوو.

## قەرەهەنجیر (روداو)

روداوی کەوتنی فڕۆکەیەکی سیخۆ لە نزیك شارۆچکەی قەرەهەنجیر لە پارێزگای کەرکوك. لە سەروبەندی ئۆپەراسیۆنی قەیوان ـ ماوەت کە لە ئەیلولی ١٩٨٦ دەستی پێ کردبوو و ناوچەیەکی بەربڵاوی گرتبۆوە، هێزەکانی عیراق ستراتیجی خۆیان لەسەر بنەمای کارکردن بۆ گرتنی گوندی قەیوان و ئەودیوی کارێزەو قامیش و دۆڵبێشك و دەروازەی دۆڵی سەفرەو زەرون دارِشتبوو بە مەبەستی دابڕینی هێزی پێشمەرگە لە سنوری عیراق ـ ئێران و بڕینی رێگای هاوکاریی مەیدانیی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای پاسدارانی ئێران.

تا ٩ی ئەیلول هێزەکانی عیراق ٥١ هێرشیان کردبووە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لەو بەرەیەی کە دواتر بە بەرەی قەیوان ـ ماوەت ناوی دەرکرد بە بێ ئەوەی هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدی بێنن. لە١٠ی ئەیلولدا فەرماندەیی سوپای عیراق بڕیاریدا فڕۆکەی جەنگی بۆ شکاندنی ورەی پێشمەرگەو بۆردومان کردنی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتی بەکار بێنێ. هەر ئەو رۆژە، سەعات ١٤ حەوت فڕۆکەی سیخۆ زۆر بە سەختی کەوتنە بۆردومان کردنی گوندەکانی دۆڵی جافەتی، لە ئاکامدا دوو هاووڵاتی شەهید کران و ١٧ هاووڵاتیی دیکە بریندار بون، سەرباری زیان گەیاندن بە ١٧ خانوو.

لە١٤ی ئەیلولدا دوو فڕۆکەی سیخۆ کەوتنە بۆردومان کردنی دۆڵی جافەتی و زۆر بە خەستی گوندی یاخسەمەریان بۆردومان کرد کەبارەگای سکرتێری گشتیی یەکێتیی لێ بوو. هێزی پێشمەرگە بە چەکی دژە ئاسمانی بەرپەرچی هێرشە ئاسمانییەکانی دایەوەو لەم سەروبەندەدا یەکێ لە دوو فڕۆکەکە پێکرا و بە پەلەپروزێ مەیدانی شەڕی بەجێ هێشت. لە نزیك سەربازگەی سوسێ، فڕۆکە پێکراوەکە باری قورسی خۆی فڕێداو روی کردە فڕۆکەخانەی سەربازیی کەرکوك بەڵام لە نزیك قەرەهەنجیر لە ئاسماندا گڕی گرتو کەوتە خوارێ.

## قەرەهەنجیر (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی کەرتی ٣ی جەباریی سەر بەتیپی ٢١ی کەرکوکە لە ١٩ی تەموزی ساڵی ١٩٨٦ لەسەر جادەی کەرکوك ـ سلێمانی بە دوریی پێنج کیلۆمەتر لە قەرەهەنجیرەوە کە بە گرتنی رەبایەیەکی سەر جادەکە کۆتایی هات.

هێزەکە لە سەعات ١٦دا بۆسەی بۆ کاروانێکی سەربازی دانابوو کە چاوەڕێ دەکرا لە قەرەهەنجیرەوە بەرەو چەمچەماڵ بچێ، بەڵام بەرێ نەکەوتنی کاروانەکە، ئۆپەراسیۆنەکەی پوچەڵ کردەوە. بۆیە کەرتەکە شوێنەکەی بەجێ هێشت و کشایەوە.

بەڵام سێ پێشمەرگەی کەرتەکە بە ناوەکانی شێرزاد موەفەری‌و شەماڵ ئۆمیك و سەباح ئۆمەرەگەدە، بەبێ ئاگاداریی کەرتەکە، جیا بونەوەو نەخشەی هێرش کردنە سەر رەبیەی جەیش شەعبیی نزیك شوێنی بۆسەکەیان دانا.

بەپێی ئەو نەخشەیەی کە دایاننابوو، لە سێ قوڵەوە هێرشیان کردە سەر رەبیەکەو لە ماوەیەکی پێوانەییدا توانیان دەست بەسەر نیوەی رەبیەکەدا بگرن‌و شەڕ بخەنە ناو رەبیەکەوە. لە شەڕی ناو رەبیەکەدا، پێشمەرگەیەك شەهید بوو، یەکێکیش تەقەی لێ کرا و بەرکەوت. بەمجۆرە، پێشمەرگەکان تەنگیان پێ هەڵچنرا و ئۆپەراسیۆنەکە وەرچەرخایە سەر ئەوەی کە شکست بێنێ. بەڵام لەو کاتەدا پێشمەرگەکانی کەرتەکە فریای ئۆپەراسیۆنەکە کەوتن، لە چەند قوڵێکەوە هێرشیان کردە سەر رەبیەکەو توانییان دەستی بەسەردا بگرن.

لەم چالاکییەدا دوژمن ١٣ چەکداری جەیش شەعبیی لێ کوژرا کە لە ناو رەبیەکەدا بون و هەر هەموشیان عەرەبی تکریتی بوون. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١٣ پارچە چەکدا گرت. هەروەها ئوتومبیلێکی ئەلبیی عەسکەریی پڕ تەقەمەنی لە کاتی شەڕەکەدا تەقییەوە و رەبیەکەش گڕی تێ بەردرا.

لەو سێ پێشمەرگەیەی کە بە دەستپێشخەریی خۆیان نەخشەی هێرش کردنە سەر رەبیەکەیان دانابوو، یەکێکیان کە شەماڵ ئۆمیکە شەهید بوو، یەکێکیش بریندار بوو. لەو پێشمەرگانەی دواتر چونە ناو شەڕەکەوە، کەسیان هیچی لێ نەهات.

پاش چالاکییەکە هێزی پێشمەرگە بۆ گوندی خاڵۆبازیانی کشایەوە. بەیانییەکەی، چەند هەلیکۆپتەرێکی جەنگی چونە سەر گوندەکە و بۆردومانیان کرد، لە ئەنجامدا چەند هاووڵاتییەك شەهید بوون.

## قەسرێ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەی تیپی ٧٤ی باڵەکە لە نزیك شارۆچکەی قەسرێ لە پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٨٥. شەوی ٨ لەسەر ٩ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٥ مەفرەزەیەکی تیپی ٧٤ی باڵەك لە نزیك شارۆچکەی قەسرێ بۆسەی دانا، ئوتومبیلێکی سوپایی کەوتە بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان دایانە بەر ئاگری چەکەکانیان.

لە ئاکامی چالاکییەکەدا ئەفسەرێك بە پلەی رائید بە ناوی حەمید عیسا زرکان لەیەکەی ٧٨٢٩ کوژراو ٩ سەرباز بەدیل گیران. ناوی سەربازە دیلەکان لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێنرایەوە.

هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ئوتومبیلێکی شۆفەرلێت و ٩ پارچە چەك و ٦ سندوقی فیشەکدا گرت.

## قەڵاتوکان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر و هەرێمی پارێزگاری لەلایەک و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە لایەکی ترەوە لە ١٦ی ئابی ١٩٧٨ لە قەڵاتوکان و ئەبوبەکرە لە بناری چیای قەندیل. هێزەکانی سوپا بەئامانجی راگواستنی دێهاتەکانی سنوری مەنگوڕایەتی هێرشیان هێنابوو، بەڵام پێشمەرگە لە پشتی قەڵاتوکان و ئەبوبەکرە بەرەنگاریان بوونەوەو لە ئاکامدا زیاتر لە ٨٠ سەربازو ئەفسەر کوژران و بریندار کران. لە هێزی پێشمەرگەش ٢ پێشمەرگە بریندار بوون. هێزی پێشمەرگە لەو شەڕەدا دەستی بەسەر دوو کلاشینکۆف و ١٠ بار تەقەمەنی و ٣ دەزگای جینەریتەری تەقاندنەوەدا گرت.

## قەڵاچوالان (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٦ی قەیوان - ماوەتدا. لەو ئۆپەراسیۆنەدا گوشارێکی زۆر لەسەر بەرەی قەیوان - ماوەت هەبوو، بەتایبەتی لە قۆڵەکانی قەیوان، ماوەت، کۆڕەنگ و وڵاخلوو. هێزێکی گەورەی سوپای عیراقیش لە سنوری قەڵاچوالان مۆڵ درابوو و پێشبینی دەکرا هێرشێك بۆ سەر بەرەی قەیوان - ماوەت دەست پێ بکا. بۆ کەمکردنەوەی گوشار لەسەر بەرەکەو تێکدانی نەخشەکانی سوپای عیراق، پلان بۆ لێدانی هێزەکانی دوژمن لە پشتەوە دانرا. ئەرکەکە بە کەرتی تیپ و کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی ٢١ی کەرکوك بە فەرماندەیی هیوا چیمەنی سپێردرا. سەرجەمی هێزەکە لە ٢٦ پێشمەرگە پێك هاتبوو.

لە٨ی ئەیلولی ١٩٨٦ هێزەکە لە قەیوانەوە بەرەو شوێنی مەبەست بەرێ کەوت و شەو گەیشتە گوندی چۆڵکراوی مارەڕەش. لەوێوە پاش پشودان، هێزەکە کەوتە جموجوڵ و پاش دوو سەعات دزەی کردە ناو جەرگەی هێزەکانی دوژمن لە سنوری قەڵاچوالان. لەشەوێکی ئەنگوستەچاودا، مەفرەزەکە هێرشی کتوپڕی کردە سەر هێزە مۆڵدراوەکانی سوپای عیراق. شوێنی شەڕەکە سەرتاسەری گڕی گرت و ژمارەیەکی زۆر سەربازی تێدا کوژراو دەیان ئوتومبیلی تێدا سوتێنرا.

پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو. گرنگیی شەڕەکە لەوەدا بوو کە دوژمن بەهیچ چەشنێك پێشبینیی نەدەکرد هێزی پێشمەرگە بگاتە شوێنی شەڕەکە، بە تایبەتی کە شوێنەکە چواردەوری بە ڕەبیە تەنرابوو، سەرباری ئەوەی کە رێگاکە سێ بۆسەی لێ دانرابوو. شارەزابونی تەواو لە جوگرافیای ناوچەکە فاکتەرێکی سەرەکیی سەرکەوتنی چالاکییەکە بوو.

ناوی بەشێکی پێشمەرگە بەشداربووەکانی چالاکییەکە: رەزا ناروجەیی، سەرکەوتە شەل، خالید چای، هادی قولی بەگی، وریا حەمید ناسراو بە مام زەهاو و ئاواتە رەش لە کەرتی یەکی ساڵەیی و هیوا چیمەنی، محەمەد ئەحمەد قەنات و عادل رێباز لە کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوك.

## قەڵادزێ (راپەڕینی جەماوەری)

راپەڕینی قەڵادزێ لە ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٢ کە دینەمۆکەی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە ناوچەی پشدەر.



لەو رۆژەدا خەڵکی قەڵادزێ یادی ٨ ساڵەی بۆردومانی ساڵی ١٩٧٤ی قەڵادزێیان کردەوەو لەسەر گۆڕی شەهیدەکان خۆپیشاندانیان ساز کرد، بە ڕێپێوان چوونە ناو شارو رووبەڕووی هێزەکانی بەعس بوونەوە کە تەقەیان لێ کردن و چەند کەسێکیان لێ کوشتن.

ڕۆژی دواتر لە قەڵادزێ و ئۆردوگاکانی پێماڵك، ژاراوە، بەستەستێن، تەوەسووران و شارۆچکەی سەنگەسەر بووە مانگرتنی گشتی. ڕۆژانی دواتر، خۆپیشاندان و ڕاپەڕین ناوچەکانی سلێمانی، بەکرەجۆ، ماوەت، بنگرد، خەلەکان، رانیە، چوار قورنە، کەرکوك، هەولێر، پیرزین، مەلا ئۆمەر، سەلاحەددین، شەقڵاوە، باتوفە، شانەدەر، سەید سادق و هەڵەبجەی گرتەوە.

خۆپیشاندانەکان تا ١٠ی ئایار درێژەیان کێشا و خوێندکاران ڕۆڵێکی سەرەکییان تێدا گێڕا. دیارترین داواکانی خۆپیشاندەران بەردانی گیراوە سیاسییەکان و هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی ڕاگواستنی گوندەکان بوو. ڕاپەڕینەکە ٢٤ کوژراو و ١٣٨ بریندارو ٧٥١ گیراوی لێ کەوتەوە.

لە ٧ی ئایاردا کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەیاننامەیەکی دەربارەی ڕاپەڕینەکە دەرکردو لێبوردنێکی گشتیشی بۆ چەك هەڵگرەکانی ڕژێمی بەعس دەرکرد بەو مەرجەی کە دەست لە خۆفرۆشی و خراپەکاری هەڵگرن و بگەڕێنەوە بۆ ریزی گەل. هەروەها هەر یەك لە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیش بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیان دەرکرد. ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەرومالّ کردنی ڕووداوەکانی خۆپیشاندانەکان و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی و هاندانی جەماوەردا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا.

## پاشکۆی ژماره ۱

### بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان

هاونیشتمانانی بەڕێز: لە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٤ لە کاتێکدا کە خەڵکی قارەمانی شاری قەڵادزە لە ساڵڕۆژی شەهیدانی هێرشە دڕندانەکەی ساڵی ١٩٧٤دا یادی ئەو کارەساتە خوێناوییەیان دەکردەوە، شاگردە گەوجەکانی هیتلەری بەغدا، دەزگا دامرکێنەرەوەکانی سەددامی جەللاد، بۆ چاو شکاندنی رۆڵە دلێرەکانی گەلەکەمان و بۆ ترساندنیان سەرلەنوێ شەقامەکانی شاری قەڵادزەیان بە خوێنی ئافرەتە سەربەرزەکانی گەلەکەمان سور کردەوە.

ئەم کارەساتە دڕندانەیە نەك هەر خەڵکی نەتۆقاندو چاوی نەترساندن، بەڵکو بوو بەهۆی تەقینەوەی بورکانی ئەو رق و قینە پیرۆزەی کە چەند ساڵە لە دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، دژی سەددامی جەللادو دارو دەستە فاشستییە داگیرکەرەکەی پەنگ دەخواتەوە. بۆ هاودەنگی و هاودەمی لەگەڵ خەڵکی قارەمانی قەڵادزەو بۆ پشتیوانی لەداوا رەواکانیان دانیشتوانی بەزۆر کۆکراوەی ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی ژاراوەو پێماڵك و تووە سوران و بەستەستێن ئینجا شارەکانی هەڵەبجەو رانیەو چوارقوڕنەو سلێمانی و هەولێرو چەندین شارو ئۆردوگای تر کەوتنە خۆپیشاندان و مانگرتن و راپەڕین و بەگژاچوونەوەی رژێم و دەزگا دامرکێنەرەوەکانی.

ئەگەرچی دارو دەستەی فاشستی سەددام لەسەر پیشەی هەمیشەیی بەئاگرو ئاسن وەڵامی خەڵکی دایەوەو دەیان هاونیشتمانیمانی لە خوێندا گەوزاند، بەڵام نەیتوانی بەری لێشاوی توڕەبوونی جەماوەر بگرێ و لەڕۆژی ٤/٢٤ەوە تا ئێستا جوڵانەوەی بەربەرەکانێ بە شێوەی جۆراوجۆری مانگرتن و خۆپیشاندان و راپەڕین یەك لەدوای یەك بەجۆرێکی نەپساوە لە چەندین شاری گەورەو بچوك و لە چەندین ئۆردوگاو شوێنی جیاجیا، لە ناو جەماوەری خەڵکدا، لە ناو چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکدا بەبێ گوێدانە دڕی و دڕندایەتیی دوژمن هەر بەردەوامە.

هاونیشتمانانی بەڕێز: خەباتی گەلەکەمان دژی دەسەڵاتی دەزگا داگیرکەرە فاشستییەکانی سەددام لە کوردستاندا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، کە دۆخێکی شۆڕشگێڕانەی نوێی خوڵقاندووە.

لە پاش چەند ساڵ خەباتی سیاسی- چەکدار لە شاخەکانی کوردستان و لە پاش چەند ساڵ خەباتی سیاسی- ژێرزەمینی لە شارەکانی کوردستاندا لە هەل و مەرجێکی سەخت و نالەباری نابەرامبەریی تەرازووی هێزەکانی گەلەکەمان و دوژمنی داگیرکەردا، وا جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان لە شار و ئۆردوگاو دێهاتەکاندا لەهەلومەرجێکی نوێی لەبارو گونجاودا پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێی تێکۆشانەوە کە سەرەتای وەرچەرخانێکی گرنگە لە خەباتی گەلەکەماندا...

سەرەتای گۆڕانی تەرازووی هێزەکانە بە قازانجی گەلەکەمان و بەزیانی دوژمنەکانی... سەرەتای هەڵسانەوەی بەتەوژمی جەماوەری گەل و تەقینەوەی وزەی شۆڕشگێڕانەی لەبن نەهاتوویەتی... سەرەتای پێکەوە جۆشدانی خەباتی شاخ و خەباتی شارە... سەرەتای پێکەوە جۆشدانی خەباتی سیاسی و خەباتی چەکدارە لە شار و لەلادێ... سەرەتای پێکەوە گرێدانی خەباتی نهێنی و خەباتی ئاشکرایە... سەرەتای پێکەوە گرێدانی خەباتی رێکخراوەیی سنوردارو خەباتی جەماوەریی بەربڵاوە...

لە پاش چەند ساڵ ئیرهاب و گرتن و راونان و

دەربەدەرکردن و کوشتن و بڕین، لەپاش ئەوەی کە گەلی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی هەزاران رۆڵەی خۆی لەپێناوی عیراقێکی دیموکرات و کوردستانێکی ئۆتۆنۆم، لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا، لە زیندانەکانی سەددام دا بە ئازارو ئەشکەنجەو لە پای قەنارەدا، لە مەیدانەکانی نەبەردی چەکدارانەدا بەخت کرد، لە کاتێکدا کە رژێمی سەددام لە هەڕەتی هێزو توانای دا بوو، وا ئێستا لە کاتێکدا کە پێی ناوەتە قۆناغی نۆچدان و گەندەڵ بوون و هەڵتەکین و لاوازی، دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارو ئۆردوگاکان بە دەستی رووت رووبەڕووی رادەوەستن و بزووتنەوەیەکی بەربەرەکانێی شۆڕشگێڕانەو جەماوەریی فراوان... دژی ئیرهاب و سەرکوتکردن و کوشتن و گرتن و ئیهانەکردن، دژی رەفتاری فاشستی و جولانەوەی رەگەزپەرستانە، لە پێناوی دیموکراتی و ئازادی و سەرفرازیدا. دەست پێدەکەن. کە خۆی لەخۆیدا. تەجروبەیەکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەکەماندا.

ئەی جەماوەری خەڵکی کوردستان، ئەی کرێکاران و جوتیاران، ئەی مامۆستایان و فەرمانبەران، ئەی مەلا رۆشنبیرەکان، ئەی کاسبکارو دوکاندارو بازرگانەکان، ئەی قوتابیان و خوێندکاران، ئەی عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، ئەی دایك و خوشکی سك سوتاو، ئەی ئافرەتانی سەربەرز، ئەی باوك و برا و کوڕی جەرگ سوتاو، ئەی کەسوکاری گیراو و دورخراوەو دەربەدەرەکان، ئەی خێزان و کەسوکاری شەهیدان، ئەی جوتیارانی لەخاکی باوباپیران دەرکراو، ئەی قوربانییەکانی تەهجیرو تەرحیل و بەزۆر گۆڕاندنی روخساری کوردستان، کێ هەیە لەم زیندانە پان و بەرینەو لەم ئەشکەنجەگا گەورەیەدا کە ناوی عیراقە لەدەست ئازارو ئیهانەو جەورو ستەمی دارو دەستەی سەددامی خوێنڕێژ دەرباز بوبێ؟

زوڵم و زۆری بێ ئەندازەی ئەم تاقمە فاشستییە رەگەزپەرستە کێی بواردووە؟ کام تاقم و کام شار و کام گەڕەك و کام کۆڵان و کام خێزان و کام هاووڵاتی لە ژێر سایەی حوکمی خوێناویی ئەمانەدا توانیویەتی بە ئاسوودەیی بژی؟

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە سنورێك دابنرێ بۆ زوڵم و زۆری سەددام و دارو دەستە خوێنڕێژەکەی، سنورێك دابنرێ بۆ دیکتاتۆریەت و ئیرهابی فاشستی، بۆ کوشتن و ئەشکەنجە، بۆ راونان و نان بڕین و دەربەدەر کردن... ئیتر کاتی ئەوە هاتووە سنورێك دابنرێ بۆ یاری کردن بە چارەنووسی گەل و نیشتمانەکەمان، بۆ رێگە گرتن لە بەفیڕۆدانی خوێنی رۆڵەکانی گەلەکەمان و سامانی نیشتمانەکەمان... ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەموومان پێکەوە، یەك دڵ و یەك دەست، خەبات و تێکۆشانی خۆمان یەك بخەین، هەموو کوچەو کۆڵان و شەقامێك بکەین بە مەتەریزی بەرگری و بەرەنگاری و هەموو پەنا بەردو تاوێرێك بکەین بە سەنگەری شەڕو بەگژاچوونی دەزگا دامرکێنەرەوەکانی رژێم و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەموو بستێکی ئەم نیشتمانە لە ژێر پێی داگیرکەران بکەین بە ئاگر.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەوڵ و تەقەللای شۆڕشگێڕانە لە شاخ و لە شار، لە بازاڕو گوزەر، لەگوندو ئۆردوگا، لە کێڵگەو کارگە، لە دائیرەو دوکان، لە قوتابخانەو زانکۆ... یەکخەین و دەرگای زیندانەکان بکەینەوەو ئازادی بۆ خۆمان و بۆ ئەو هەزاران ئازادیخوازە بەدەست بهێنین کە لە زیندانەکانی ئەبوغرێب و قەسابخانەکانی موسڵ و هەیئەی کەرکوك و مەڵبەندی دەزگا جاسوسی و دامرکێنەرەوەکانی تری ناو شارو شارۆچکەکاندا دیلن.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئۆردوگا زۆرەملێکان، رەمزی دیلایەتیی گەلەکەمان و وێرانیی نیشتمانەکەمان

تێك بدەین و جوتیارەکان بگەڕێنەوە سەر ئەرزو رەزو کانییەکانی خۆیان و دێهاتی خۆیان سەرلەنوێ ئاوەدان بکەنەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە زوڵم قبوڵ نەکەین، ئیهانەو دەستدرێژی بەرپەرچ بدەینەوە، شوێنەواری دیلی و داگیرکراوی لە نیشتمانەکەمان بسڕینەوە، هێزی داگیرکەر دەربکەین لە نیشتمانی خۆمان، بەئازادی و ئاسوودەیی و سەربەرزی بژین، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، ئەو شەڕە ناڕەوایە ببڕێنینەوە کە سەددامی خوێنڕێژ دژی جمهوریی ئیسلامیی ئێران و بۆ دەستکەوت و قازانجی ئیمپریالیزم هەڵیگیرساندو تێیدا دەیان هەزار رۆڵەی عیراقی بەکوشتن و بریندار کردن و ئەسیرکردن داوەو هێشتاش هەر لەشکری عیراق سوتەمەنیی ئەو شەڕە ناڕەوایەی سەددامی جەللادە.

ئەی دانیشتوانی شارو گوندو ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی کوردستان درێژە بدەن بەخەباتی تێکۆشەرانەتان بەپێی هەلومەرجی گونجاوی شوێنەکانی خۆتان، درێژە بدەن بە راپەڕین و بەرەنگاری کردنی رژێم، مەهێڵن هێزی داگیرکەران پشوو بدەن و بحەسێنەوە.

ئەی هەڤاڵانی یەکێتی، بە کۆمەڵەو بزووتنەوەو هێڵی گشتی، بەهەموو تواناوە درێژە بدەن بە رێکخستنەکانی بەشداریی کاریگەرمان لە راپەڕاندن و سازدان و درێژە پێدان و رێکخستن و رێبەریی راپەڕینی خەڵکی شارو ئۆردوگاو گوندەکاندا...

ئەی تیپ و کەرت و مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیی چەکدارانەی خۆتان زیاترو زۆرتر بکەن بۆ لێدانی کوشندەتری دوژمن و چەواشەکردن و سەر لێشێواندنی، ئامادە بن بۆ جێبەجێ کردنی هەر داوایەك کە کۆمیتەی شارەکان دەیکەن.

ئەی هێزە چەکدارو سیاسییەکانی کوردستان و عیراق لە ئاستی پێویستییەکانی دۆخی شۆڕشگێڕانەی ئێستای کوردستاندا بن، خۆتان لە شەڕی لابەلاو تەقاندنەوەی ناکۆکیی لاوەکی دور بگرن... با بە هەموومان سەر بکەینە سەر دوژمنی گەلەکەمان، با بە هەموومان بەشداری راپەڕینی گەلەکەمان بین و تەرکیز بکەینە سەر رژێمی فاشستی بەغدا و دامودەزگاکانی.

ئەی ئەوانەی بە هۆشیاری یا لە ڕووی بێ ئاگاییەوە بوونەتە نۆکەری چەکهەڵگری رژێم، بگەڕێنەوە ناو ریزی گەلەکەتان، وەرنە پاڵ هێزی پێشمەرگە، چەکەکانی جاشایەتی و جەیشی ناشەعبی بکەنە چەکی پێشمەرگایەتی، هێزی پێشمەرگەش ئامێزی برایەتیی بۆتان گرتۆتەوە.

سەرکەوتن بێگومان هەر بۆ گەلە.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٧ی ئایاری ١٩٨٢

## پاشکۆی ژمارە ٢

## لێبوردنی گشتی لە چەك هەڵگرەکانی رژێمی عیراق

ئەی لەشکری عیراق: لەشکری مایس و تەموز چەکی خۆتان ئاراستەی براکان و خوشکەکانی خۆتان مەکەن، بەڵکو رۆژی ئەوە هاتووە ئاراستەی سنگی داروەدستە نیشتمان فرۆشەکەی سەددامی خوێنڕێژی بکەن و خۆتان بگەیەننە ریزی شۆڕشی عیراق کە بەرابەرایەتیی بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکراتی عیراق بەرپا کراوە.

هاونیشتمانانی بەڕێز: دەریا لە دڵۆپە دروست دەبێ و لە پڕیشکێکی بچوکەوە ئاگری زۆر گەورە دەکەوێتەوە، راپەڕینی خەڵکی کوردستانیش، لەم قۆناغەدا، ئەهەمیەتێکی مێژوویی گەورەی هەیە بۆ

خۆشکردنی زەمینەی ڕاپەڕینی گەورەترو بەرینتر لە سەرانسەری عیراقدا بۆ کۆتایی هێنان بە حوکمی سێدارەو زیندان و شەڕ، حوکمی خیانەتی نیشتمانی و نەتەوایەتی.

بۆ پێشەوە بەرەو ڕاپەڕینی تێکڕایی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان لەپێناوی ئازادیی گیراوە سیاسییەکان و گەڕانەوەی خەڵکی ناوچە ڕاگوێزراوەکان بۆ سەر زەوی و زارەکانی خۆیان...

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانەوە بەم بەیاننامەیە بڕیاری لێبوردنی گشتی واتە عەفوی عام لە بەرواری ١٥ی ئایاری ١٩٨٢ەوە بە هەموو چەکدارەکانی ڕژێم ڕادەگەیەنێ لەو تاوان و خیانەتانەی بەرامبەر گەل و نیشتمان، بەرامبەر یەکێتیی نیشتمانی و هێزی پێشمەرگە تائێستا کردوویانە، بەو شەرتەی ئیتر دەست لە خیانەت و خراپە هەڵبگرن و بێنەوە ریزی گەل و ناو پێشمەرگە:

١- لێبوردنی گشتی ئەم تاقمانە دەگرێتەوە:

ئە- جاشەکان، جگە لە شەخسی ئەم چەند خائینە (قالە فەرەج، تەحسین شاوەیس، ڕەشۆی ساڵح، سالەی خەیات، عاسی ڕەوە، جەمال رینگۆ، عەریف بابەکر، حەمەخان، عەباس بایزی بالواغا).

ب-جاشە شەعبییەکان.

ج-ئەمن و ئیستیخبارات و موخابەراتی مەنزومە.

د-چەکدارەکانی سەر بەحزبی فاشیستی دەسەڵاتدارو حزبە کارتۆنییەکان و نەقابەو ئیتیحادەکانی ڕژێم.

٢-چەکدارەکانی ڕژێم چ بە تاك و چ بە کۆمەڵ دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ لای تیپ و لقەکانی یەکێتی، یاخود بۆ لای بارەگاکانی سەرکردایەتی، پێشوازییان لێدەکرێ.

٣-لەسەر هەموو تیپ و کەرتەکانی هێزی پێشمەرگەو لەسەر هەموو لق و ناوچەکانی یەکێتی پێویستە کە بەحورمەتەوە پێشوازیی هەموو ئەوانە بکرێ کە پەیوەندی دەکەن و دەگەڕێنەوە باوەشی گەل و نیشتمان.

لە هەمان کاتدا وریای ئەوە بن کە دوژمن نەتوانێ کەڵك لەم فرسەتە وەربگرێ بۆ ناردنی جاسوسەکانی خۆی بەنیازی پیلان گێڕان و دەست وەشاندن.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**١٩٨٢/٥/١٤**

## پاشکۆی ژمارە (٣)

## بەیاننامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە بۆنەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانەوە

لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤دا، فاشیستەکانی بەغدا، لە هێرشی پەلاماردان و وێران کردن و بێدەنگ کردنی دەنگی ڕەوای گەلی کورد، شاری قەڵادزەیان کردە گۆمی خوێن و دەیان ڕۆڵەی گەلەکەمان لەو کارەساتە ناخۆشەدا شەهید بوون.

لە هەشتەمین ساڵڕۆژی ئەو شەهیدە نەمرانەدا، کۆمەڵانی خەڵك لە شاری قەڵادزە و سلێمانیدا بێ گوێدانە زەبروزەنگی دوژمن، ڕژانە سەر شەقامەکان و بیرەوەریی شەهیدانی ئەو دەستدرێژییە نامرۆڤانەیەیان کردەوە. پیاوەکانی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەغداش بە هەمان گیانی فاشییانە و ڕق و کینەی زیاتر لە جاران، بۆ ترساندن و تۆقاندنی خۆپیشاندەران و بۆ کپ کردنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کەوتنە گیانی خەڵکی و لە شاری قەڵادزەی قارەمان بەتوندی بەرەنگاری خۆپیشاندەران بوونەوەو لەم میانەدا دایکە ئامینەو خوشکە سنەوبەری سەربەرز بەگوللەی دوژمنانی گەلی عیراق شەهید کران... خوێنی پاکیان

رژایە سەر شەقامەکان، بێئەوەی رەفتاری دڕندانەو داپڵۆسین و کوشتن و بڕین بتوانن ترس و لەرز بخەنە دڵی کۆمەڵانی خەڵك و چاوی پڕ هیوامان بشکێنن و بێ ئەوەی بتوانن بەر بە خۆپیشاندان و راپەڕینەکانیان بگرن. ئەوە بوو راپەڕینی جەماوەر زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتەوە، کرێکاران و خوێندکاران و جوتیاران و کاسبکاران و باقی کۆمەڵانی خەڵك لە رانیەو چوارقورنەو ئۆردوگای بەستەستێن و پێماڵك و شانەدەری و سیروان و سورەقەڵات و تووسوران و سەیدسادق و بەکرەجۆو شاری کۆیە و هەولێر و هەڵەبجە و باقی شارو شارۆچکەو ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی گرتەوەو رۆژ بەڕۆژ گوڕو تەوژمی راپەڕینەکانی جەماوەر توندتر دەبن و زیاتر پەرە دەسێنن و کوردستان لە ژێر پێی داگیرکەران دا دەهێننە لەرزین... دوژمن لەسەر ئەنجامی ئەم هەڵچوونەی جەماوەر ترس و سام دایگرتووە، ئەو راپەڕینانەش لە شارەکاندا، بەپێی هەلومەرجی تایبەتی، شێوەی جۆراوجۆری بەخۆیەوە گرتووە.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر:

راپەڕینەکانی ئێوە لەشارەکانی کوردستاندا، مایەی وەرچەرخانێکی گرنگ و کاریگەرە، کە بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان دەخاتە سەردەمێکی نوێترو گەشەکردوتری خەباتی شۆڕشگێڕانە... خەباتی چەکدارانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دژی داگیرکردنی کوردستان و تواندنەوەی نەتەوەی کورد، دژی دیکتاتۆری و زەوت کردنی مافە دیموکراتییەکانی خەڵکی عیراق، لە پێناوی رزگاریی نیشتمانی و سەربەستیی نەتەوایەتیدا، لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی پێ دەنێتە پلەیەکی نوێ، کە بزووتنەوەی جەماوەر تێیدا هەڵدەسێتەوەو بەگوڕو تەوژمێکی بەهێز بەرەو تەقینەوە دەچێ، خەبات و درێژە پێدانی دەبێتە کاری جەماوەر، خەباتی چەکدارانەو رێکخراوەییش توندوتۆڵ بەخەباتی بەربڵاوی جەماوەرەوە دەبەسترێتەوەو راپەڕین هەموو شوێنێکی کوردستان دەگرێتەوەو دەبێتە پشتیوان و هاندەرو بەرزکەرەوەی بزووتنەوەی جەماوەر لە سەرانسەری عیراقدا، واتە بەرپاکردنی راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و هێرش بۆ سەر قەڵاکانی رژێمی خوێناویی حوکمی دیکتاتۆری بەغداو روخاندنی تەواوی.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر:

درێژەدان بە راپەڕینی شارەکانی کوردستان لەم هەلومەرجە لەبارەدا، لە لایەك زۆر بۆ رژێم دەبات و بنچینەکانی لە کوردستاندا لەق دەکا و چیتر دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێم شۆڕشی گەلی کوردستانیان پێ دانامرکێنرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هاندەری شارەکانی تری عیراق و خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە هی باقی کۆمەڵانی خەڵکی عیراقەوە دەبەستێتەوە، ئەوساش رژێم ناتوانێ بە تەنها بەگژ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بچێ و جامی قین و داخی شۆڤێنییانەی بەگەلی کورد بڕێژێت.

وا سەرەتای وەڵامدانەوەی کوردستان، لە لایەن جەماوەری راپەڕیوی موسڵ و گەڕەکی مەعقەلی بەسرەو برا تورکمانەکانەوە لەڕۆژانی ٨-١٩٨٢/٥/٩ دەستی پێکردووە... بۆیە دەبێ ئێمەش گیانی برایەتی و هاوخەباتیی دژی رژێم قوڵ بکەینەوە، زیاتر لەجاران هاوخەباتیی گەلی کورد لەگەڵ عەرەب و تورکمان و باقی کەمە نەتەوایەتییەکان بسەلمێنین.

راپەڕینی گەلی کوردستان، لە شارو لە شاخ، گەشەکردن و پەرەسەندنی شێوەکانی خەباتی چەکداری، خەباتی نهێنی و ئاشکرای رزگاریی نیشتمانی، لە کاتێکدا گڕو بڵێسەی بەرەو هەموو شارەکانی عیراق دەچێ کە تەرازووی هێزەکان لە قازانجی گەل و دژی رژێم دەگۆڕدرێ.

وا رژێمی بەغدا، لە ئەنجامی ٢٠ مانگ شەڕی ناڕەوا لەگەڵ ئێراندا، شەکەت و ماندوو بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو توانای ماددی و بەشەریی عیراقی خستۆتە دەم بەرداشی ئەو شەڕە سەختەوە... هەزاران رۆڵەی خەڵکی عیراقی تیا بەکوشت داوەو هەزارانی تریش بەدیل گیراون و سەدانیش سەقەت و پەککەوتە بوون... بێئەوەی لە ئارەزووی کەللەی گەرمیی رژێم بەولاوە قازانجێکی گەل و نیشتمانی سەرانسەری عیراقی تێدابێ. لەبەر ئەوە تا دێ چارەی رژێم لای کۆمەڵانی خەڵك رەشترو دزێوتر دەبێ و بێزاری و ناڕەزاییش زیاتر پەرە دەسێنێ.

دەربازکردنی عیراق لەو شەڕە گرانە، دەربازکردنێکی تا سەر و هێنانەدیی دیموکراتی لە عیراقداو ئۆتۆنۆمیی راستەقینەش لە کوردستاندا، بەرادەیەکی گەورە بەندە بەدرێژەکێشان و سەرکەوتنی ئەو راپەڕینە فراوانەی جەماوەرەوە، کە دەتوانێ هەموو چین و تاقمە نیشتمانپەروەرو دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان هەر یەکەیان بەهۆی کۆمەڵێك گیروگرفتەوە رابکێشێتە کۆڕی خەبات کە دەتوانێ هەموو کێشە کەڵەکە بووەکانی جەماوەر چارەسەر بکاو کۆمەڵ بخاتە سەر شاڕێی گەشەکردنی ئاسایی.

با راپەڕین، مانگرتن و خۆپیشاندان و هەموو شێوەیەکی تری بەرەنگاریی بەردەوام پەرە بسێنن، چونکە باشترین رێگەی دەربازبوون لە زوڵم و زۆرو گیروگرفتەکانی ئەمڕۆ لە راپەڕینی جەماوەردا خۆی دەنوێنێ، درێژەکێشانی راپەڕین، رژێم بەتەنها دەخاتە لایەك و هەموو جەماوەریش لەلایەکی ترەوە کۆ دەکاتەوەو رۆژ لە دوای رۆژ، لەگەڵ رەوتی راپەڕینەکەدا زیاتر رووی دزێوی رژێم دەردەکەوێ و بێ توانایی دەزگاکانی بەرامبەر جەماوەر زیاتر دەسەلمێ و لە کۆڕی راپەڕین و سەرکەوتنی راپەڕینەکەدا هەموو دەزگا سەرکوت کەرەکانی رژێم تێك دەشکێن و تا سەر لە دەزگا بیرۆکراتی و دەزگاکانی داپڵۆسین رزگار دەبین.

هاوڕێیان و دۆستانی تێکۆشەری کۆمەڵە:

بۆ ئەوەی ئەو راپەڕینە زیاتر گەشە بکاو بەردەوام بێ، رێگەی هاوکاری و برایەتی لەگەڵ تێکۆشەرانی باقی حزب و لایەنە نیشتمانییەکانی کوردستان و عیراقدا بگرنە بەر، گیانی برایەتی و یەکێتیی خەباتی هاوبەش لەگەڵ باڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توندو تۆڵتر بکەن و ژیرانە و بە پەرۆشەوە بچن بەدەنگ بانگەوازو بەیاننامەکەیەوەو تواناتان بۆ بەهێزکردن و پەرەسەندنی راپەڕینی جەماوەر زیاتر یەکخەن... دەبێ ئەمڕۆ ئەو راستییە بسەلمێنن کە نموونەی تێکۆشەری چالاك و تەبا و گونجاون لەگەڵ باقی تێکۆشەرەکانی تری حزب و لایەنە نیشتمانییەکانی تردا و بەهۆی جەماوەرەوە کاری جەماوەر ئەنجام دەدەن و داینەمۆی جوڵانەوەی جەماوەرو داهێنەری شێوەی نوێی خەبات و راپەڕینن بەبێ ئەوەی رێگە بدەن ئەو راپەڕینە سروشتی جەماهیریی خۆی لەدەست بداو گیانی حزبایەتیی تەسك خۆی بەسەردا بسەپێنێ.

ئەی تێکۆشەرانی هێزە نیشتمانییەکان:

ئەندامان و لایەنگرانی خۆتان هاندەن، تا زیاترو چالاکانەتر، بەشداریی راپەڕینی جەماوەر بکەن و ناکۆکیی لاوەکی بەلاوە بنێن و بەهەموو تواناوە، لە خۆشکردنی ئاگری راپەڕینی هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستاندا، لە راپەڕینی سەرانسەری عیراقدا، خەبات ئاڕاستەی روخاندنی رژێم و سەرکەوتنی راپەڕینی جەماوەر بکەن.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر:

وا خەریکە لە پڕیشکە بچکۆلەکەی قەڵادزەی قارەمان ئاگرێکی زۆر گەورە بکەوێتەوە، زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتۆتەوە،

پەڕیوەتەوە بۆ موسڵ و بەسرە، بەتێکۆشانی نەسرەوتی ئێوەو خۆڕاگرتن و پشووی درێژی ئێوە وەرچەرخانێکی گرنگ بە خۆیەوە دەگرێ و سەرانسەری عیراق دەگرێتەوەو رژێمی ئاگرو خوێن دەڕوخێنێ و کۆتایی بە شەوی عیراق دێ.

بۆ پێشەوە

بەرەو راپەڕینی تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی لە پێناوی ئازادیی گیراوە سیاسییەکان، گەڕانەوەی خەڵکی ناوچە راگوێزراوەکانی کوردستان...

بەرەو روخاندنی رژێم و هێنانەدیی دیموکراتی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستان...

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

- ناوەند -

١٩٨٢/٥/١٠

## پاشکۆی ژمارە (٤)

### بەیاننامەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان سەبارەت بە پشتگیری کردنی راپەڕینی قەڵادزێ

ئەی جەماوەری بەشەرەفی شاری قەڵادزێی راپەڕیو و قۆڵ و باسك لێ هەڵماڵیو و چاونەترس و بێ پەروا و بێباك لەبەردەم یەکێك لە دڕندەترین شێوازەکانی فاشیزم لەجیهاندا بەپیر بانگەوازی یەکێتیی نیشتمانی و لیژنەی ناوچە تێکۆشەرەکەتان هاتوون لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شارە جگەر سوتاوەکەتان کە چەند ساڵ لەمەوبەر رژێمی رەگەزپەرست بە خوێنی گەشی ئێوەی خانەخوێ و میوانە ئازیزەکانتان سوری کرد، دەنگی نارەزایی دەردەبڕن و بیرەوەریی ئەم یادە خوێناوییە دەکەنەوە.

ئەم راپەڕینە دلێرانەیەتان کە مەترسییەکی گەورەی خستۆتە دڵی رژێمەوە مزگێنییەکی دڵخۆشکەرە کە یەکێتییە تێکۆشەرەکەمان بەهەموو باڵەکانییەوە توانیویەتی بە خەباتی نەپساوەی چەندەها ساڵەی جێگەی خۆی لە ناو دڵی جەماوەردا بکاتەوەو وانەیەکی بەنرخی لەئەزموونی خەباتی گەلە کۆڵنەدەرەکەمان سەلماندۆتەوە کە خەباتی پشت بەستوو بە جەماوەر تاکە رێگەی زامن کردنی سەرکەوتن و رزگاریی نیشتمانییە، هیچ هێزێکیش نییە کە بتوانێ رەوتی مێژو و ویستی جەماوەر بوەستێنێ یا کڵپەی داگیرساویان بکوژێنێتەوە.

بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیش کە لە ناسکترین دەمدا پشت بەستو بەتوانای جەماوەر هەڵساوەتەوەو ئالای خەباتی هەڵگرتووەو ئەوپەڕی پشتگیریی خۆی بە ناوی هەموو ئەندامان و کادران و لایەنگرانی خۆی لەم راپەڕینە قارەمانانەی ئێوەدا دەردەبڕێ بەو ئاواتەی ئەم پڕیشکە ئاگرە بتەنێتەوەو هەموو کوردستانی داگیرکراومان بگرێتەوەو داگیرکەرانی لول بداو تاکو ئەبەد بیان پێچێتەوە.

پرسەو وەفاداریشمان بۆ شەهیدانی کۆن و تازەی قەڵادزێ دووبارە دەکەینەوە.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێگەی رزگاری خوشکە سنەوبەرو دایکە ئامینەو هاوڕێکانی.

مردن و سەرشۆڕی بۆ رەگەزپەرستە رەفتار فاشییەکانی بەغدا.

ناوەندی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

گوڵانی ١٩٨٢

## قەڵاسنج (شەڕ)

شەڕێکە لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٠ دا لەنێوان هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر بە فەرمانده‌یی سەید کەریم هاودیانی و هێزێکی سوپای عیراق و جاشەکان لە

گوندی قەڵاسنجی سەروی بناری چیای سەفین لە دۆڵی سماقوڵی رویداوە.

سەید کەریم هاودیانی، ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ کرا بووە سەرپەرشتیاری هەرێمی ٨ ی دەشتی هەولێر. هەرێمەکە پێویستی بە رێکخستنەوە بوو. لەم سەروبەندەدا سەید کەریم هاودیانی راسپێردرا بوو سەرپەرشتیی هەرێمەکە بکا تا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی فەرمی فەرماندەی بۆ دادەنرێ. لەم سەروبەندەدا هاودیانی هێزێکی گەورەی پێك هێنا بوو و لە بەرنامەیدا بوو کە بە شێوەیەکی سیستماتیك هێزو رێکخستنەکانی دۆڵی بالیسان و دۆڵی سماقوڵی بەسەر بکاتەوە.

لە ٢٤ی کانونی یەکەمدا هێزەکە لە گوندی قەڵاسنجی سەروو لە دۆڵی سماقوڵی لایداو شەو لەوێ مایەوە. بەیانییەکەی، هێزێکی سوپاو جاش دەوری گوندەکەی گرتبوو. شەڕێکی سەخت رویدا کە نزیکەی هەشت سەعات درێژەی کێشا.

هێزی پێشمەرگە بەرگرییەکی سەختی کرد بە چەشنێك کە هێزەکانی دوژمن نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن. سەرچاوەکان لەسەر زیانەکانی دوژمن کۆك نین، بەڵام وای دادەنێن کە لە شەڕەکەدا ژمارەیەك لە نێوان ١٥-١٩ جاش کوژراون. پاش زیادبونی فشاری پێشمەرگە لەسەر هێزەکەی دوژمن، هێزەکە وردە وردە کشایەوەو زۆربەی لاشەی کوژراوەکانی لە مەیدانی شەڕ بەجێ هێشت. هێزی پێشمەرگە ٢ پێشمەرگەی لێ شەهید بوو، یەکێکیان حەسەن ئەنوەر حەسەن مەخمورییە، ئەوی تر ئەنوەر سلێمانییە. حەسەن ئەنوەر حەسەن مەخموریی ناسراو بە کاوە هەم فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر هەم رابەری سیاسیی هەرێمەکە بوو.

ناوی ژمارەیەك پێشمەرگەی بەشدار لە شەڕەکە: سەید کەریم هاودیانی، عەلی ساڵح سێگرتکانی، رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود ناسراو بە رێباز، بەکر مستەفا سەعید، سەفین مەلا قەرە، فاروق عەلی مەولود، حەسەن ئەنوەر حەسەن ناسراو بە کاوە ، ئەنوەر سلێمانی، سابیر رەسول، هەژار کانیمارانی، سلێمان بالیسانی.

قەڵاسنج: دوو گوند لە پارێزگای هەولێر بەم ناوە هەیە، یەکێکیان پێی دەوترێ قەڵاسنجی سەروو، ئەوی تر قەڵاسنجی خواروو. هەردوکیان سەر بە ناحیەی پیرمامن لە قەزای شەقڵاوە. ئابوریی هەردوو گوند پشت بە کشتوکاڵ (گەنم و جۆ بە شێوەیەکی سەرەکی) و ئاژەڵداری و باخداری دەبەستێ.

## قەندیل (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی هێزی پێشمەرگەیە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ لە دژی هێزەکانی بەرەی جود لە چیای قەندیل، دۆڵی باڵەیان، دۆڵی شەهیدان و ناودەشت.

هێزەکانی بەرەی جود، پاش ئۆپەراسیۆنی پشتاشان و کشانەوەیان بۆ ناو خاکی ئێران، دەستیان بە خۆڕێکخستنەوە کردو خۆیان بۆ هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە باکوری پارێزگای هەولێر ئامادە کرد. لەم سەروبەندەدا پارتی دیموکراتی کوردستان هێزەکانی لقی ١ و لقی ٢ و هێزەکانی ناوچەی سەرکردایەتیی کۆکردەوە. پارتی کۆمۆنیستی عیراقیش تەواوی بەتالیۆنەکانی بادینان و هەولێری رێکخستەوەو هەمووی لەسەر سنوری عیراق-ئێران جێگیر کرد. بە هەمان شێوە، حزبی سۆسیالیستی کوردستان هێزە کشاوەکانی خۆی رێکخستەوەو لەسەر سنوری عیراق- ئێران کۆی کردنەوە. هەماهەنگییەکی پتەو لە نێوان هەر سێ لایەن بۆ تێکشکاندنی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئارادا بوو.

جود ستراتیجی عەسکەریی خۆی بۆ تێکشکاندنی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە باکوری پارێزگای هەولێر، لەسەر ئەو بنەمایە دانا کە ئۆپەراسیۆنی داهاتوو هاوکات بێ لەگەڵ هێرشی ئێران لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بۆ سەر هێزەکانی عیراق. لە پلانەکەدا وا دانرا بوو کە بەشێکی هێزەکانی جود لەگەڵ هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێراندا بەشداریی هێرش کردنە سەر حاجی ئۆمەران بکەن، کە ئەمەش، بە دیاریکراوی، هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرێتەوە. بەشەکەی تریش دەست بە هێرش بۆ سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەکانی قەندیل، دۆڵی باڵەیان، دۆڵی شەهیدان و ناودەشت بکات.

لە ٢٣ی حوزەیراندا ئێران ئۆپەراسیۆنی فەجری ٢ی دەست پێ کردو پاش شەڕێکی سەخت دەستی بەسەر حاجی ئۆمەراندا گرت، بە قوڵایی ١٥ کیلۆمەتر لە ناو خاکی عیراق پێشڕەویی کردو دەستی بەسەر بەشێکی ڕێگای هاملتۆن دا گرت کە حاجی ئۆمەران بە ڕەواندز دەبەستێتەوە.

هاوکات هێزەکانی جود داکشانە سەر قەندیل و بنکەیان لێ داناو وردە وردە داکشانە ناوچەکانی دەوروبەر. لە ٢٨و ٢٩ی تەموزدا لیژنەی عەسکەریی بەرەی جود بە سەرپەرشتیی ئیدریس بارزانی و بە ئامادەبونی فەرماندە عەسکەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەوانە حەسۆ میرخان، حەمید ئەفەندی، دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە، ئەحمەد جبوری و حاجی حاجی برایم، لە قەندیل کۆ بۆوەو پلانێکی چەند قۆناغیی بۆ دەرکردنی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە باکوری پارێزگای هەولێر دانا. لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار درا لە قۆناغی یەکەمی پلانەکەدا کە نیاز وابوو لە ٢ی ئاب دەست بە جێبەجێ بکرێ، هەموو ئەو شاخانەی دەڕوانن سەر گەلی بەدران و زارگەلی و وەرتێ و چەند ڕێگایەکی ستراتیجیی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکرێن و لە قۆناغی دووەمدا هێرش بکرێتە سەر مەڵبەندی ٣و ٤ و دەستیان بەسەردا بگیرێ.

بەر لەوەی هێزەکانی جود دەست بە جێبەجێ کردنی پلانەکەیان بکەن، سەرکردایەتیی عەسکەریی مەڵبەندی ٣ هێزێکی بۆ ئەوبەری جادەی خانەقا نارد بۆ ئەوەی هێڵێکی بەرگری لە بەردەم پێشڕەویی هێزەکانی جود پێك بێنێ. بەڵام لە پڕ هێزەکانی عیراق کە سەرقاڵی بەرەنگاربونەوەی پێشڕەویی هێزەکانی ئێران بون، دەستیان بەسەر جادەی خانەقا و سەری مامەڕوت و پشتی گۆجاڕو دوڕیانی دەرگەڵەدا گرت. ئەمەش دۆخێکی وای هێنایە ئاراوە کە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەروی جادەی خانەقا کەوتنە نێوان هێزەکانی بەرەی جود و هێزەکانی سوپای عیراق. هاوکات هێزەکانی عیراق کەوتنە تۆپباران کردنی ناوچەکە، لەو لاشەوە هەلیکۆپتەرە جەنگییەکان بەسەر ناوچەکەدا سوڕانەوەو کوێرانە دەستیان بە بۆمباران کردن کرد، لە ئەنجامدا لانی کەم ١٧ هاووڵاتی بریندار بون. ئەم پێشهاتە تازەیە بووە هۆی کشانەوەی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە سەروی جادەکە. لە سەرەتای تەموزدا هێزەکانی عیراق هەموو ئەو شوێنانەیان بەجێ هێشت کە گرتبویانن. لێرەدا هێزەکانی جود هەلەکەیان قۆستەوەو بە بێ شەڕ چەند گوندێکیان گرت لەوانە لێوژێ، ئیندزێ، پشتاشان، قرناقا، کەسکان، بۆڵێ، خەزێنە، کۆیلە، سەرشێخان و قەڵات.

لەو ماوەیەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێزەکانی کۆکردەوەو نەخشەی دەرکردنی هێزەکانی جودی لە ناوچەکە دانا. هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر هێزەکانی جود بە دوو قۆناغ بەڕێوە چوو. قۆناغی یەکەم شەوی ١٣ لەسەر ١٤ی ئابی ١٩٨٤ دەستی پێ کردو تێیدا هێزی پێشمەرگە لە سێ قۆڵەوە هێرشی کرد:

لە قۆڵی یەکەمدا هێزەکانی رویان کردە دۆڵی باڵەیان و لەوێوە بەرەو چیای قەندیل هەڵکشان.

لە قۆڵی دووەمــدا هێزەکان لە کەڵەکی باڵەیانەوە هەڵکشانە سەر زنجیرەی چیای بیە کە دەڕوانێتە سەر ناوچەکانی ناودەشت و دۆڵی باڵەیان و دۆڵی خیلاپ.

لـە قۆڵی سێیەمدا هـێزەکـان ئـەرکـی گرتنەوەی گوندەکانی لێوژێ و ئیندزێ و چەند گوندێکی تریان پێ سپێردرا.

ئەنجامی شەڕەکان کاریگەر بون. هێزی پێشمەرگە لە قۆڵی یەکەمدا زیانێکی زۆری لە هێزەکانی جود داو ناچاری کردن لە دۆڵی باڵەیان بکشێنەوە. لە قۆڵی دووەمدا هێزی پێشمەرگە چەند شوێنێکی ستراتیجیی لە چیای بیە گرت. لە قۆڵی سێیەمدا هێزی پێشمەرگە هێزەکانی جودی لە گوندەکانی لێوژێ و ئیندزێ لێك دابڕی، رێگای نێوان هەردوو گوندی کۆنترۆڵ کردو سێ پوازی لە ناوجەرگەی هێزەکانی جود داکوتا. لەم سەروبەندەدا چەند هەلیکۆپتەرێکی سوپای عیراق بەسەر چیای بیەدا سوڕانەوەو بە دۆشکا تەقەیان لە پێشمەرگە کرد، لە ئەنجامدا ١١ پێشمەرگە بریندار بون و هێزی پێشمەرگە هەندێ سەنگەری چۆڵ کرد، کە ئەمەش دواتر هێزەکانی جود قۆستیانەوەو چونەوە شوێنە چۆڵکراوەکان.

قۆناغی دووەم لە یەکی ئەیلول دەستی پێ کرد. هێزی پێشمەرگە لە دوو قۆڵەوە دەستی بە ئۆپەراسیۆن کرد. لە قۆڵی یەکەمدا هێزی پێشمەرگە بە لێ سوڕانەوەیەکی تاکتیکی، هەڵی کوتایە سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی جـود لـە چیای بیەو لـە مـاوەیـەکـی کـورتـدا هەمـوو چیاکەی گرتەوەو گورزێکی گـەورەی لە هێزەکانی بەرەی جود وەشاند. لە قۆڵی دووەمـدا لە ئیندزێ و لێوژێ و لە بناری زێرنە کێوەوە هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر هێزەکانی جود کە هەموویانی راماڵی و هەموو شوێنەکانی لێ سەندنەوە. بەم هێرشە بەربڵاوە شەڕەکە یەکلایی کرایەوەو هێزەکانی جود رووەو خاکی ئێران رایانکرد.

هێرشەکەی بەرەی جود بۆ سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە پشتگیریی لێ دەکرا. لە دیکۆمێنتە فەرمییەکانی سوپای پاسداراندا، ئەو هێزانەی لە ئێرانەوە پەڕی بونەوە بۆ دیوی عیراق و بەشدار بون لە ئۆپەراسیۆنی فەجری ٢و هێرش کردنە سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نـاو نـراون «رەزمەندگانی موسڵمانانی عیراق».

ئەگەرچی لە هەردوو قۆناغی شەڕەکەدا زیانێکی گیانی و ماددیی زۆر بەر هێزەکانی جود کەوت، بەڵام بەیاننامەی ٣ی ئەیلولی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هیچ ئاماژەیەکی بۆ زیانەکانی بەرەی جود نەکردووە.

لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە ١٤ شەهیدی هەبوو: دوو فەرماندەی تیپ بە ناوی ئەحمەد مەولود حەمەد فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ و نازم حەمەی سلێمان فەرماندەی تیپی ٢٣ی سـورداش، یەك فەرماندەی کەرت بە ناوی حاجی ئەحمەد عەبدوڵڵا فەرماندەی کەرتی ٥ی گەلاڵەی تیپی ٧٨ی کاروخ، دوو جێگری فەرماندەی کـەرت بە نـاوی برایم ئەحمەد رەسـول لە کەرتی یەکی تیپی ٧٤ی باڵەك و فاروق حەمەد ئەمین لە کەرتی ٢ی تیپی ٩١ی سەفین، یەك فەرماندەی مەفرەزە بەناوی شوان محەمەد ئەمین لە کەرتی ٤ی تیپی ٩٣ی کۆیە و هەشت پێشمەرگە بە ناوی برایم ئەحمەد برایم ناسراو بە برایمی سۆفی و عەبدولڕەحمان حەمەد ئەمین و مینە ئەحمەد سۆفی لە تیپی ٧٨ی کاروخ، ئەحمەد جمور ساڵح لە کەرتی ٣ی تیپی ٥١ی گەرمیان، حاجی مستەفا لە کەرتی یەکی تیپی ١٢ی سۆران، عیسامەددین عوبێد ناسراو بە شۆڕش و عەزیز فەرحان حەمەد و عەلی مستەفا لە کەرتی ١و ٤و ٥ی

تیپی ٩٣ ی کۆیە.

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە رادیـۆی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرایەوە، ئامادەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ نیشان داوە بەڵام چەند مەرجێکی داناوە لەوانە کۆتایی هێنان بە دیاردەی فرە لەشکری و پێکهێنانی یەك لەشکری یەکگرتوو بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و دەست وەرنەدان لە کاروباری سیاسیی کوردی ئێران.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پشتاشان (ئۆپەراسیۆن).

*جود( بەرەی سیاسی ).

## پاشکۆ

## بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
## بە بۆنەی ئۆپەراسیۆنی قەندیلەوە

هاووڵاتییانی خۆشەویست

پێشمەرگە قارەمانەکان

لە کاتێکدا مژدەی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر چەکدارەکانی شۆڕشی چەواشەدا بە ئێوەو هەموو حزب و رێکخراوو لایەنە دۆستەکانی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان رادەگەیەنین، مژدەی پاککردنەوەی دۆڵی باڵەیان و دۆڵی شەهیدان و ناودەشت و زنجیرەی چیاکانی قەندیل لەو کرێگرتەو گێرەشێوێنانە رادەگـەیـەنـیـن کـە بـون بـە پێشڕەوی داگیرکەری ئێران لە پـەلامـاردانـی کوردستاندا، بە داخ و پەژارەیەکی زۆریشەوە هەواڵی شەهیدبونی دوو فەرماندەی هەڵکەوتوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەڵۆی قەندیلی سەربەرز کاك ئەحمەد مەولود حەمەد فەرماندەی تیپی ٧٨ی کـاروخ و شابازی گـەرمیان کـاك نـازم حەمەی سلێمان فەرماندەی تیپی ٢٣ی سـورداش و دەستەیەك پێشمەرگەی قارەمانتان پێ رادەگەیەنین کە لە پاراستنی کوردستان و پاککردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش لەو هێزانە، بە دەستی چەکدارەکانی جود لە دوو شەڕی داستان ئاسادا شەهید کران.

هاووڵاتییانی بەڕێز

هێزە شەڕفرۆش و گومڕاکانی شۆڕشی چەواشە بەو نیازەی کە تۆڵەی شکستەکانی مانگی ئایاری ١٩٨٣ لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بکەنەوەو بۆ هێنانە دیی نیازی دێرینیان کە بریتیە لە لەناوبردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشی گەلەکەمان، دەرفەتی ئەوەیان قۆستەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هۆی گەرمبونی جەنگی عیراق- ئێران لە کوردستان، سەرکردایەتی و بارەگاکانی لە زۆربەی ناوچەکانی سنور گوێزرایەوە بۆ قوڵایی کوردستانی عیراق، تا بارەگاو هێزەکانی لەم ناوچانە نەکەونە بەر هێرش و پەلاماردان و بۆردومان کردنی هـەردوو داگیرکەری کوردستان، هێزەکانی شۆڕشی چەواشە کە دەمێك بوو خۆیان بۆ هێرش کردنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساز کردبوو، لەو هەلەدا بە هـەر چی توانای بەشەری و ماددییان هەبوو و بە پشتیوانیی تەواوی ئێران و بەشداری کردنی دەیان پاسدارو بە هەموو چەکدارەکانی ناوچەی بادینانیشەوە رویان کردە زنجیرە چیاکانی قەندیل و ناوچەکانی دۆڵی باڵەیان و دۆڵی شەهیدان و ناودەشت بۆ داگیرکردنی مەڵبەندی ٣ و پاشان پـەلامـاردان و داگیرکردنی مەڵبەندی ٤ ئینجا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان، بـەڵام هـەر زوو هیممەت و جوامێریی پێشمەرگە دلێرەکانی رزگاریی کوردستان لە ١٣ لەسەر

١٤ی ئابدا هێرشیان بردە سەر کولانەو سەنگەرەکانیان و لە یەکەمین نەبەرددا زۆربەی شوێنەکانیان لێ گرتنەوە، بەشێکی زۆری سەنگەرەکانیان پێ چۆڵ کردن و لە نەبەردەکانی دووەمین شەڕدا لە ڕۆژی ١ی ئەیلولی ١٩٨٣ باقی کولانەو سەنگەرەکانیان پێ چۆڵ کردن و بەرەو باوەشی ئاغاکانیان لە ئێران هەڵیان بڕین و تا ئەودیوی سنور ڕەتاندیانن.

ئەم دوو فەرماندە جوامێرەو ئەم دەستە پێشمەرگە قارەمانە لەو شەڕو گێچەڵەدا شەهید بون کە هێزەکانی شۆڕشی چەواشە بە فیتی داگیرکەرانی کوردستان و بە کۆمەکی جاشەکانی عیراق بۆ لە ڕێ لادان و لەناوبردنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، سەپاندیان بەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

ئەم قارەمانە نەمرانە لەو هەڵمەتە کەم وێنەیەدا شەهید بون کە ڕۆڵە دلێرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی کوردستان و شۆڕش دژی چەکدارە داگیرکەرە ئێرانییەکان و هەموو هێزو توانای جود، سەرکەوتووانە ئەنجامیان دا. ئەو هەڵۆ خاوەن زاتانە کە بە خوێنی گەشی خۆیان نەخشەو پیلانی چەپەڵی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران و پیاوەکانیان تێکشکاند و چیای سەرکەشی قەندیلیان لە قەل و داڵە کەرخۆرەکان پاك کردەوە، ئەم نەمرانە بون:

١-شەهید ئەحمەد مەولود حەمەد فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ و هەڵۆی قەندیل کە لە گوندی سەرکانی دۆڵی باڵەیان لە ساڵی ١٩٥٣ لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایك بووە. هێشتا بە تەمەن منداڵ بوو کە لە شۆڕشی ئەیلولدا هاتە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوەو بەشداریی چەندین نەبەردی قارەمانانەی تێدا کرد وەکو شەڕەکانی ناوچەی بارزان و شەڕی گەورەی ماخوبزنان. هەروەها لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هاتە ڕیزەکانییەوەو لە ساڵی ١٩٧٦دا بووە پێشمەرگەو بەشداری یان سەرکردایەتیی دەیان نەبەردی گەورەی کردووە، لەوانە شەڕەکانی وەڵزێ، ماویلیان، کەڵەکی باڵەیان، گەلاڵە، شەڕەکەی ساڵی ١٩٧٨ی شێنێ، شەڕەکانی هێزی پشتیوان لە دیوی کوردستانی ئێران و شەڕەکانی قڕناقاو پشتاشان. ئەم هەڵۆ شەهیدە دوو کوڕو دوو کچ و سەروەرییەکی گەورەی لە پاش بە جێ ماوە.

٢-شەهید نازم حەمەی سلێمان فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش، شابازی شوان و شێخ بزەینی بوو. لە گوندی هەمزە لە دایك بووەو ساڵی ١٩٦٣ بۆتە پێشمەرگە. لەبەر ئازایەتی و لێهاتوویی، هەر زوو کرا بە سەرپەل و پاشان سەرلق و لە ساڵی ١٩٧٤ دا بوو بە فەرماندەی بەتالیۆنی ٥ی هێزی ڕزگاری و لە دەیان نەبەردی گەورەی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەشداری یان سەرکردایەتیی کردووە.

شەهیدی نەمر سەرەڕای ئەوەی کە فەرماندەیەکی هەڵکەوتوو بوو، ڕۆڵەیەکی خاوەن هەڵوێستی گەلەکەی بوو. ئەو بوو لە کۆبونەوە شومەکەی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ی بنەماڵەی بارزانیدا لە پێنجوێن لە ڕوی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییاندا وتی «ئێمە هەموو فەرماندەی عەسکەرین. ئەگەر پیاوێکی وەکو تۆ سیاسی سەرپەرشتیمان بکا، ئەوا چەك فڕێ نادەین و درێژە بە شۆڕش دەدەین». شەهیدی نەمر بەو لێپرسراوەی وت «تۆ پیاوێکی نەخۆشی. لە بریتی ئەوەی لە نەخۆشخانەکانی ئەوروپا بمریت، فەرموو ئەوە مەیدان و لەگەڵمان وەرەو پیاوانە لە بن بەردێکی ئەم کوردستانە لە خەبات و بەرگریدا شەهید بە». کەچی سەرکردایەتیی بارزانی لەسەر ئاشبەتاڵ و هەڵهاتن سور بوو. شەهیدی نەمریش خۆی وتەنی هەر «لە خەبات و بەرگریدا» شەهید بوو.

٣-شەهید برایم ئەحمەد برایم ناسراو بە برایمی سۆفی، پێشمەرگەی کەرتی ٢ی تیپی ٧٨ی کاروخ،

قارەمانێکی ئازاو دلێر بوو، لە چەندین نەبەردی رزگاریی نیشتماندا بەشداریی کردووە.

٤-شەهید عەبدولڕەحمان حەمەد ئەمین لە ساڵی ١٩٥٥ دا لە گوندی شێوە رەشی لای حاجی ئۆمەران لەدایك بووە. منداڵێکی لە پاش بە جێ ماوە.

٥-ئەحمەد جمور ساڵح خەڵکی ئەوبەری سیروان و پێشمەرگەیەکی دلێرو چاپوکی کەرتی ٣ی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو.

٦-فاروق حەمەد ئەمین لە ساڵی ١٩٥٥ لە دێگەڵەی کۆیە لەدایك بووە. جێگری فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٩١ی سەفین و پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو. لە ساڵی ١٩٧٨ بۆتە پێشمەرگە.

٧-حاجی مستەفا خەڵکی گوندی مەلەکانە. خزمی شەهید وەسمان بەگی نەمرە. لە شەڕەکانی رۆژی یەکەمدا گیانی خۆی بە کوردو کوردستان بەخشی. پێشمەرگەی کەرتی ١ی تیپی ١٢ی سۆران بوو.

٨-حاجی ئەحمەد عەبدوڵڵا، خەڵکی گەڵاڵەیەو برای شەهید حەمە رەشە کە لە چیای کاروخ بە دەستی تاقمە خۆفرۆشەکەی قیادەی موەقەت شەهید کرا. برای هەڤاڵ حەسەن کوێستانیی تێکۆشەرە. شەهیدی نەمر فەرماندەی کەرتی ٥ی گەڵاڵە بوو. رۆڵەیەکی ئازاو پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو. لە چەندین نەبەردی گەورەدا بەشداریی کردووەو بە دەستی خۆی چەندین پارچە چەکی گرتووە.

٩-شەهید مینە ئەحمەد سۆفی، خوشکەزای رەحمان سەیدەو شەهیدی نەمر مەحمود سەیدەی قارەمانی کوردستان. لە ساڵی ١٩٧٦ وە پێشمەرگە بوو.

١٠-شەهید عیسامەددین عوبێد ناسراو بە شۆڕش، خەڵکی گوندی مایلەو پێشمەرگەیەکی ئازاو بەجەرگی کەرتی ١ی تیپی ٩٣ی کۆیە بوو.

١١-شەهید شوان محەمەد ئەمین، فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی ٤ی شەهید سەرباز لە تیپی ٩٣ی کۆیە. رۆڵەیەکی قارەمان و ئازای شاری کۆیە بوو.

١٢-شەهید عەلی مستەفا پێشمەرگەیەکی جوامێری کەرتی ٥ی تیپی ٩٣ی کۆیەو خەڵکی شاری سلێمانی بوو.

١٣-شەهید عەزیز فەرحان حەمەد خەڵکی گوندی تیمارۆکی دەشتی کۆیەو پێشمەرگەیەکی بەهەڵمەتی کەرتی ٤ی شەهید سەرباز لە تیپی ٩٣ی کۆیە بوو.

١٤-شەهید برایم ئەحمەد رەسوڵ، لە گوندی سەرکانی دۆڵی باڵەیان لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٧٨ بۆتە پێشمەرگە. لەبەر ئازایەتی و بەشداربونی لە چەندین نەبەردو شەڕدا، بوو بە جێگری فەرماندەی کەرتی ١ی تیپی ٧٤ی باڵەك.

ئەم شەهیدە نەمرانە بە خوێنی گەشی خۆیان ئەو راستییەیان دوپات کردەوە کە هێزەکانی شۆڕشی چەواشە، ئەوانەی لە باوەشی دوژمنانی کوردو کوردستانەوە هێرش دەبەنە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تواناو ژمارەیان هەر چەندێك بێت، چەك و تەقەمەنییان چەند زۆرو لەبڕان نەهاتوو بێت، پشتیوانیان هێزێکی چەند زل بێ، هەر تێك دەشکێن و بە سەرشۆڕی هەڵدێن و دەگەڕێنەوە باوەشی ئاغاکانیان. هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە باوەشی جەماوەری خەڵکی بەشەرەفی کوردستان توندتر پێ دەچەقێنێ و لەسەر رێبازو مافی رەوای گەلەکەی سورتر دەبێ. دیارە ئێمە ئەوەمان لا پەسند بوو کە ئەو خۆ فرۆش و لادەرانە لە تەك داگیرکەردا نەوەستن و بە فیتی بێگانە هێرش نەکەنە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە هاوکاریی دوژمنانی دێرینی کوردو کوردستان گەمارۆی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان نەدەن، ئێمەشیان ناچار نەکردایە شەڕیان لەگەڵدا بکەین و ئەو رەنج و ماندوبونەمان لە شەڕی دژی عیراق سەرف بکردایە. ئەو شەهیدانەمان لە نرخی سەرکەوتن بەسەر دوژمنی فاشیستی عیراقدا بدایە، بەڵام سەد مخابن، تا فیتی بێگانەو داگیرکەرانی

کوردستان و چینە کۆنەپەرستەکانی کوردستان بمێنن، تا گیانی خۆفرۆشتن و خیانەت لە نیشتمان بمێنێ، ئەم جۆرە شەڕو گێچەڵانە جاروبار یەخەمان دەگرن. وا ئێمەش بۆ پاراستنی کوردستان و شۆڕشە پیرۆزەکەی لە فەوتان، یان لە لادان، وەك شاخە بڵندو سەرکەشەکانی کوردستان، لە روی داگیرکەران و نۆکەرانیدا دەوەستین، هەر جارە دەرسێکیان دادەدەیـن کە لـەوەی پێشوتر بە زەبرترو کاریگەرتر دەبێ.

هاووڵاتییانی خۆشەویست

لـەو کاتەدا کە لەگەڵ ئێوە سـەری رێزو نـەوازش بۆ گیانی پیرۆزی ئەو قافڵە شەهیدەو بەرپێکردنیان دادەنەوێنین و سەرەخۆشی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بنەماڵەی ئەو شەهیدە نەمرانەو جەماوەر دەکەین، بەڵێن تـازە دەکەینەوە کە لەسەر ئەو رێبازە پیرۆزە سور بین کە ئەو شەهیدانەو سـەدان شەهیدی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەری رۆیشتون، رێبازی پشت بەستن بە جەمـاوەرو دژایەتی کردنی داگیـرکـەران و ئیمپریالیزم و نـۆکـەرانیـان، رێبازی سەربەخۆیی و دیموکراسی بۆ عیراق و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلەکەمان.

ئێمە لە کاتێکدا مـژدەی خۆشیی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی هێزی پێشمەرگە بەسەر جاشەکانی جوددا رادەگەیەنین، ئەو جاشانەی کە ئێران لە ژێر ناوی رەزمەندگانی موسڵمانی عیراقیدا بەری داونەتە گیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەموو هێزەکانی ناوچەکە، ئامادەیی خۆمان دوبارە دەکەینەوە بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕەی کە جاشەکانی جود بە هێزی پێشمەرگەی دەفرۆشن بەو مەرجەی:

١-هێزەکانی جـود سـەربەخۆیی سیاسیی خۆیان بسەلمێنن و پەیمان بدەن کە ئەو سەربەخۆییە دەپارێزن.

٢-واز بهێنن لە شەرفرۆشتن بە شۆڕشی کوردستان لە هەردوو دیوی عیراق و ئێران.

٣-لە کوردستانی عیراقدا پێکهێنانی لەشکرێکی چەکداری یەکگرتوو بسەلمێنن.

٤-ئازادیی کاری سیاسی و حزبی بۆ هەموو لایەك دابین بکرێ.

ئیتر بـۆ پێشـەوە بـەرەو سـەرکـەوتـن لـە شـۆڕشـە پیرۆزەکەماندا لەپێناوی روخاندنی رژێم و هێنانە سەر کاری حوکمێکی ئیئتیلافیی دیموکرات کە سەربەخۆیی و دیموکراسی بۆ عیراق دابین بکاو مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلەکەمان بسەلمێنێ.

نەمری و سـەروەری بۆ ئـەم شەهیدانە و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان.

هـەر شـەکـاوە بێت ئـاڵای رزگـاریـی نیشتمانیی کوردستان.

مـردن و سەرشۆڕی بۆ نـۆکـەران و داگیرکەرانی کوردستان.

مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩٨٣/٩/٣

## قەیوان ـ ماوەت (ئۆپەراسیۆن)

گەورەترین شەڕی بەرەیی لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق لە ماوەی ١٩٧٦ - ١٩٨٨ کە نزیکەی سێ مانگ‌و نیوی خایاندوە. پاش لێك نزیکبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و ئێران‌و رێککەوتنی هـەردولا لـەسەر ئەنجامدانی ئۆپەراسیونی هاوبەش دژی هێزەکانی عیراق لە ساڵی ١٩٨٦، سوپای عیراق کەوتە نەخشەدانان بۆ بڕینی رێوبانەکانی کە دەشێ لێیەوە چەکی قورس‌و تفاقی جەنگی لە ئێرانەوە بگاتە دەست هێزی پێشمەرگەو لەم روەوە نەخشەی گرتنی قەڵەمڕەوێك دانـرا کە لـەگوندی قەیوانەوە دەست پێ

دەکاو روو دەکاتە دۆڵی سەفرەو زەرونی ناوچەی ماوەت تا دەگاتە گردە رەش لەسەر سنوری عیراق ـ ئێران.

پێش دەست پێ کردنی هێرشەکان، هێزەکانی عیراق چەند رۆژێك تۆپبارانی دۆڵی سەفرەو زەرونیان کرد. لە یەکی ئەیلولدا هێزەکانی عیراق لە سەربازگەکانی قەڵاچوالان و سورەقەڵات و ماوەتەوە هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر قەڵەمڕەوێکی فراوان بە مەبەستی گرتنی گوندی قەیوان و ئەودیوی کاریزەو قامیشو دۆڵبێشك و ئەو هێڵەی لە سنوری عیراق ـ ئێرانەوە دەست پێدەکاو بەدۆڵی سەفرەو زەرونـدا تێدەپەڕیو دەگاتە گردە رەش. هێزەکانی عیراق هەموو رۆژ چەند هێرشێکیان دەکردە سەر ئەو ناوچانەو روبەڕوی هێزی پێشمەرگە دەبونەوە. هێرشەکانی هەفتەی یەکەم زۆر کاریگەر نەبون بەڵام لە٦ی ئەیلول بەدواوە زیادیان کردو چڕتر بونەوە.

پێش دەست پێکردنی هێرشەکان، فەرماندەی لەشکری یەکی عیراق جەنراڵ نزار عەبدولکەریم خەزرەجی بە حەمەی مەلا عەلی کە کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکەیە، پەیامی بۆ تالەبانی ناردبوو کە ئەگەر هێزی پێشمەرگە ناوچەکە لەگوندی قەیوانەوە تا ماوەت چۆڵ بکات، سوپای عیراق هیچ جموجوڵێك لە دژی نانوێنێ، بەڵام تالەبانی داواکەی رەت کردەوەو بڕیاری روبەڕوبونەوەی دا.

لەم سەروبەندەدا هێزی پێشمەرگە نەخشەی بەرپەرچدانەوەی دانا. لەشەوی ٢ لەسەر **٣**ی ئەیلول هێزی پێشمەرگە پەلاماری ناحیەی کارێزەی داو دەستی بەسەردا گرت. لەم ئۆپەراسیونەدا ژمارەیەکی زۆر سەربازو جاش کوژران و ژمارەیەك بەرپرسیش بەدیل گیران لەوانە بەڕێوەبەری ناحیەکە، لێپرساوی رێکخراوی حزبی بەعس، لێپرساوی دەزگای ئەمنو چەند ئەفسەرێکی پۆلیس. لەم ئۆپەراسیونەدا بڕێکی زۆری چەك و تەقەمەنی کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە.

لە٧ی ئەیلول بەدواوە هێزەکانی عیراق کەوتنە بەکارهێنانی فرۆکەی جەنگی بۆ بۆردومان کردنی



سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەو گوندەکانی ناوچەکە.

لە١٠ی ئەیلولدا رەوە فڕۆکەیەك گوندی یاخسەمەریان لە دۆڵی جافەتی بۆردومان کرد. لەم هێرشەدا یەکەم جار بوو فڕۆکەکانی عیراق بۆمبی هێشویی دژی کورد بەکار بهێنن. لە ئەنجامدا هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدو ١٧ بریندارى لێ کەوت و گوندەکە ١٧ خانوی سوتا.

لە١٤ی ئەیلولدا هێزەکانی عیراق کە تا ئەو کاتە لە هیچ بەرەیەکدا هیچ پێشکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا بوو، بۆ زیادکردنی گوشار لەسەر هێزی پێشمەرگە، لەگەناوەوە، لە ئاستی گوندی هەرزنە چونە ناو خاکی ئێران و لەوێوە ویستیان لە پشتەوە لە هێزی پێشمەرگە بدەن و دەست بەسەر گوندی راگوێزراوی زەروندا بگرن بەڵام هەوڵەکە سەری نەگرت و هێزەکانی دوژمن زیانێکی زۆریان لێ کەوت. هەر ئەو رۆژە دوو فڕۆکەی سیخۆ پەلاماری گوندی یاخسەمەریان دایەوە. چەکە دژە ئاسمانییەکانی هێزی پێشمەرگە تەقەیان لێ کردنو فڕۆکەیەکیان پێکا. فڕۆکەکە بە پێکراوی ناوچەکەی بەجێ هێشت و لە قەرەهەنجیر کەوتە خوارەوە. فڕۆکەیەکی پیلاتۆزو هەلیکۆپتەرێکیش بە چەکە دژە ئاسمانییەکانی پێشمەرگە پێکران و لە شەرگەکە کەوتنە خوارەوە.

هەروەها لە١٥ی ئەیلولدا هێزێکی جاش و کۆماندۆ بە پاڵپشتی تانكو تۆپ هێرشی کردە سەر گوندی قەمچوغە لەسەر رێگای سلێمانی ـ دوکانو روبەڕوی هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری بۆوە. لەم قۆڵەش هێزەکانی دوژمن هیچ پێشکەوتنێکیان بەدەست نەهێناو ١٣ کەسیان لێ کوژراو ژمارەیەکیشیان لێ بریندار بوو. مەبەستی عیراق لە هێرش کردنە سەر گوندی قەمچوغە، سەرقاڵ کردنی هێزی پێشمەرگەو فراوان کردنی بەرەی شەڕ بوو.

هێزی پێشمەرگە لە بەرەکاندا بەهۆی سەختیی شەڕەکانەوە ژمارەیەکی زۆر شەهیدی دا. لە٢٢ رۆژی یەکەمی ئۆپەراسیونەکەدا، هێزی پێشمەرگە ٢٧ شەهیدی هەبوو. بە شێوەیەکی گشتی، هێزی پێشمەرگە نزیکەی سەد شەهیدی لە ماوەی سێ مانگو نیوی ئۆپەراسیونەکەدا هەبوو. لە کانونی یەکەمدا هێزی پێشمەرگە هەموو بەرەکانی چۆڵ کردو هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەر ئەو سنورەدا گرت کە مەبەستیان بوو بیگرن.

دوژمن لە بەرەیەکدا کە درێژییەکەی نزیکەی ٣٠ کیلۆ مەتر دەبوو، هەزاران سەربازو ٤٢ فەوجی جاشەکانی خستە گەڕ. ئەگەرچی هێزەکانی عیراق ئامانجەکانی خۆیان بەدەست هێناو ئەو سنورەیان گرت کە هەوڵی گرتنیان دەدا، بەڵام زیانێکی زۆریان لێ کەوت کە کەوتۆتە نێوان ٨٠٠ ـ ٨٥٠ کوژراوو هەندێ لە سەرچاوەکان بە دوو هەزار کوژراو مەزەندەی دەکەن.


نزیکەی سێ هەزار پێشمەرگە بەشداریی لە شەڕەکانی قەیوان ـ ماوەتدا کردووە. تیپە بەشدارەکان بریتی بون لە٢١ی کەرکوك، ٢٥ی خاڵخاڵان، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٥١ی گەرمیان، ٥٧ی سەگرمە، ٣١ی سلێمانی، ٩٣ی کۆیە، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوغ، ١٢ی سۆران، ٧٨ی کاروخ و ١٩ی کۆڕەك.

چوار مانگ پاش شەڕەکانی قەیوان ـ ماوەت، هێزی پێشمەرگە لەنیسانی ١٩٨٧دا لەئۆپەراسیونێکدا کە بە «داستانی رزگاری» ناسراوەو نزیکەی پێنج هەزار پێشمەرگە بەشدار بووە تێیدا، هەموو ئەو ناوچانەی گرتەوە کە لە شەڕەکانی قەیوان ـ ماوەت لە دەستی دابون.

ماوەت: یەکێ لەناحیەکانی سەر بەقەزای شارباژێڕە لە پارێزگای سلێمانی. کەوتۆتە باکوری پارێزگاکەوەو نزیکەی ٤٠ کیلۆ مەتر لە شاری سلێمانییەوە دورە.

قەیوان: گوندێکە لە نزیك دۆڵەڕوت کەوتۆتە نێوان چیای دوبرا لە رۆژهەڵاتدا و گوندی سنگر لە رۆژئاوادا.

## کاردۆ گەڵاڵی*



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. ناوی تەواوی عارەب عەبدولقەهار مستەفا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی گوندی کەردزی ناوچەی قوشتەپە لە پارێزگای هەولێر. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەو گوندەو هەردوو قۆناغی ناوەندیو ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە.

رۆڵێکی دیاری لە بزوتنەوەی خوێندکاریدا وەك ئەندامی لقی هەولێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان گێڕاوەو لەو ماوەیەدا دەستێکی باڵای لە دەرکردنی گۆڤارێک بۆ لقی هەولێر هەبوە، ماوەیەکیش وەك پەیامنێری ئیزگەی «دەنگی کوردستان» لە هەولێر کاری کردووە. ساڵی ١٩٧٢ لە بەشی یاسای کۆلیجی یاسا و سیاسەتی زانکۆی موستەنسریەی بەغدا وەرگیرا. ساڵی ١٩٧٤، لە کاتێکدا کە لە ساڵی دووەمی خوێندندا بوو، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، وازی لە خوێندن هێنا و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو. لەوێ لەگەڵ ئەو رایەدا بوو کە مانەوە لە تاراوگە خزمەتی مەسەلەی کورد ناکا، بۆیە ئێرانی بەجێ هێشتو گەڕایەوە بۆ عیراق. لەم قۆناغەی ژیانیدا گەڕایەوە سەر خوێندن لە کۆلیجی یاساو سیاسەت و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ بەشێکی سەرکردەکانی شۆڕشی پێشوودا لەوانە سالح یوسفیو عەلی عەسکەریو عومەر مستەفا، بەشدار بوو لە دامەزراندنی حزبێکی نهێنی بە ناوی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان. لەو ماوەیەدا کە تێیدا خوێندکاری زانکۆ بووە لە بەغدا، ویستویەتی بە رەنجی خۆی بژی، بۆیە ماوەیەک وەک هەڵەچن لە دامەزراوەی کۆڕی زانیاریی کورد کاری کردووە.

گەڵاڵی بە یەکێ لە نوێنەرانی رەوتی چەپی ناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دادەنرێو لە رێی کتێبێکەوە بە ناوی «زێدەبایی» هەوڵیداوە خراپییەکانی سیستمی سەرمایەداری بخاتە بەرچاو. ساڵی ١٩٧٨ خوێندنی زانکۆی تەواو کردو لە هەولێر کاری پارێزەریی کرد. لەو ماوەیەدا جگە لە سەرقاڵبونی بە پیشەی خۆی وەك پارێزەر، لە بواری رێکخستندا بەشدار بوو لە دروست کردنی تەونێکی رێکخراوەیی بەهێز لە کوردستاندا بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیست. لە٩ی نیسانی ١٩٧٩دا مەفرەزەیەکی دەزگا ئەمنییەکان هەڵی کۆتایە سەر بارەگای دادگای هەولێرو لە ژوری پارێزەراندا خۆیو عەلی هەژاری دەستگیر کردو بۆ شوێنێکی نادیار راپێچی کردن. هەردوکیان بۆ ماوەی زیاد لە سێ ساڵ لە دەزگای لێکۆڵینەوەی کەرکوك بەبێ دادگایی کردن مانەوە.

بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی کە پاش روخانی رژێمی بەعس چنگ کەوتون، دەرکەتووە کە هەردوکیان لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٢دا لە کەرکوك فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووەو لە پەراوێزی فەرمانەکەدا دادگا داوای لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش کردووە تەرمەکانیان نەداتەوە بە کەسوکاریان تاکو بە شوێن بزری بمێننەوە.

## کارنامەی چارەسەری مەسەلەی کورد

کارنامەیەکە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عیراق، لە تشرینی دووەمی ١٩٧٧دا مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشکەش بە حکومەتی عیراقی کردووە.

ئەم دیکۆمێنتە پەیوەندیی بە دانوستانی ساڵی ١٩٧٧ی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقەوە هەیە. بزوێنەری پێشنیاری دانوستان لەگەڵ حکومەتی عیراق لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عەلی عەسکەری بوو کە یەکێ لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانە. سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیست پشتیوانیی لە هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکدار کردووە، بەڵام تێڕوانینی بزوتنەوەی سۆسیالیست بۆ خەباتی چەکدار زۆرتر لە تێڕوانینە ریفۆرمیستییەکەی شۆڕشی ئەیلولەوە نزیکە کە وا مامەڵەی لەگەڵ چەمکی خەباتی چەکداردا دەکرد کە فاکتەرێکی فشارە بۆ ناچارکردنی حکومەتی عیراق بۆ نواندنی نەرمی و پەسندکردنی وتووێژو رێککەوتن. بەپێی ئەم تیۆرییە، مامەڵەکردن مامەڵەیەکی پرەگماتیکییانە دەبێ، زێدەڕۆیی لە خواستە سیاسی و کەلتورییەکاندا ناکرێ و هیچ بەربەستێك لە بەردەم تێکهەڵکێشبون بە رژێمی سیاسیی فەرمانڕەوا نیە. بەڵام مەسەلەکە سەرکردەو کادیرەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی تێپەڕاندبوو چونکە ژمارەیەکی زۆری سەرکردەو کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش دژی بە ئاشتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد نەبون، ئەگەر حکومەتی عیراق ئامادەی رێککەوتنێکی باش بێ. بەڵام تاڵەبانی کە لەگەڵ کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق لەسەر بەرزکردنەوەی دروشمی روخاندنی رژێم رێککەوتبوو و هەموی کەمتر لە سێ مانگ بوو گەڕابۆوە بۆ کوردستان، هێشتا دوودڵ بوو لە دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ حکومەتی عیراق، بەتایبەتی کە ئەو بۆ رابەرایەتی کردنی پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار گەڕابۆوە، نەك بۆ وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی عیراق. نەوشیروان مستەفا لە چاپی دووەمی کتێبەکەی «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ» ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی بەوە داوە کە سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە سەرکردەکانی تری هێڵی گشتی و کۆمەڵەی رەنجدەران زۆرتر بە تەنگ وتووێژەوە بون و وتویەتی « رەتکردنەوەی باسێکی لەو بابەتە بیانوی بە کەسانێکی تر دەدا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەوە تاوانبار بکەن کە شەڕ بۆ سوریا دەکا، نەك بۆ کورد». هەروەها دکتۆر خدر مەعسوم لە وتارێکدا بە ناونیشانی «یەکەم گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ رژێمی عیراق» کە لە ژمارەی ٦-٧ی نیسانی ٢٠١٨ی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاوکراوەتەوە، رونی دەکاتەوە کە «فشارێکی زۆر» لەسەر تاڵەبانی بۆ «دەستپێکردنی گفتوگۆ» هەبوو، لە کاتێکدا کە «خۆی نەیدەویست». بەڵام سەرەڕای هەموو شیکردنەوەکان، تاڵەبانی لە کۆتاییدا پشتگیریی وتووێژی کرد.

عەلی عەسکەری لە ڕێی کەسایەتیی ناسراوی برادۆستەوە، شێخ محەمەد ڕەشید لۆلان، کەناڵێکی لەگەڵ فەرماندەی لەشکری یەکی عیراق جەنرال ئیسماعیل نعێمی دروست کردبوو، بە تایبەتی کە هەردوکیان لە کۆتایی شەستەکاندا یەکتریان ناسیوە. پەیامی عەلی عەسکەری ئەوە بوو کە هێشتا دەرفەت بۆ چارەسەری ئاشتییانە هەیەو لە بەرژەوەندیی هەردوو لایە ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە. نعێمی پەیوەندیی بە وەزارەتـی بەرگرییەوە کـردو لـەوێـوە نامەیەکی سەرکردایەتیی سیاسیی عیراقی پێ گەیی تا بیگەیەنێ بە برادۆست. نامەکە لە ڕێی شێخ محەمەد ڕەشید لۆلانەوە گەیشتە دەست تاڵەبانی و عەلی عەسکەری. هەرچەند نامەکە هیچ بەڵگەیەکی فەرمی و هیچ نـاو و واژۆیـەکی لەسەر نەبوو و بە دەست نوسرا بوو، بەڵام بە شێوەیەکی نافەرمی، گوزارشتی لە هەڵوێستی حکومەتی عیراق دەکرد. لە نامەکەدا دان بەوەدا نرا بوو کە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورددا هەندێ هەڵە کراوە بەڵام وا پاکانە بۆ هەڵەکردن کرا بوو کە «شتێکی ئاسایییە کە کارە گەورەو ئاڵۆزەکانی وەك ئۆتۆنۆمی و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەڵەی تێ بکەوێ». هەرچەند شێوەی دەربڕینەکانی ناو نامەکە، بە قەد ئەوەی کە پێویستە، ئومێدبەخش نەبوو، بەڵام نامەکە پرنسیپی چارەسەری ئاشتییانەی ڕەت نەکردبۆوەو تێیدا جەخت لەسەر ئەوە کرابوو کە ئەو دەرفەتەی بۆ گفتوگۆ لە ئارا دایە «ڕەنگە لە ئایندەدا نەیەتە ئاراوە».

پاش گەیشتنی نامەکە، زنجیرەیەك کۆبونەوە ئەنجام دران کە کادیرەکانیش بەشدارییان تێدا کردو لە کۆتاییدا بڕیار درا دانوستان لەگەڵ حکومەتی عیراق بکرێ. دواتر بیر لەوە کرایەوە کارنامەیەك دەربارەی شێوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بنوسرێ و لە کاتی وتووێژدا بدرێ بە کاربەدەستانی عیراق. تاڵەبانی ئەرکی نوسینی دیکۆمێنتەکەی بە زمانی عەرەبی گرتە ئەستۆ.

دیکۆمێنتەکە لە سێ سێکتەر پێکدێ. سێکتەری یەکەم لە دیباجەیەکی دورو درێژ پێکدێ کە نیوەی زیاتری کارنامەکەی گرتۆتەوە، تێیدا ئەو بیرۆکەیە زەق کـراوەتـەوە کە ناوچەکە کەوتۆتە بـەر هێرش و پەلاماری ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و لـەم گۆشە نیگایەوە عیراقیش هـەڕەشـەی پیلانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕژێمی شای ئێرانی لەسەرەو بە هۆی ئەمەوە ڕەوشەکەو پێویستیی بەربەرەکانێ کردنی پیلانەکە، ئـەوە دەخـوازێ کە چارەسەرێکی گونجاو بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە. دیکۆمێنتەکە وای داناوە کە ناکۆکیی نێوان گەلان و ئیمپریالیزم ناکۆکییەکی دوژمنکارانەیە، لە کاتێکدا ناکۆکیی نێوان بزوتنەوەی کوردایەتی و بزوتنەوەی نەتەوایەتیی عەرەب ناکۆکییە لە نێوان براکان و بە دایەلۆگ و دانوستان چارەسەر دەکرێ و گەورەکردنی ئەم ناکۆکییە «هەڵەیەکی گەورەیە». کارنامەکە نیشانی داوە کە ئۆباڵی تێکچونی پەیوەندیی کورد- عەرەب لە ملی ئەو «سیاسەتە کورتبینە»یە کە سەرقاڵی ڕاگواستنی کوردو گۆڕینی سیمای نەتەوەیی کوردستانە.

دیکۆمێنتەکە لە دیباجەکەدا چەند پێشنیارێکی کردەیی و گرنگی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پێشکەش کردووە لەوانە گێڕانەوەی متمانە لە نێوان کـوردو عـەرەبدا، کۆتایی هێنان بە سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەب کردن و گۆڕینی ڕوخساری نەتەوەیی کوردستان و جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠.

زۆریـی سێکتەری دووەمـی دیکۆمێنتەکە بۆ هاندانی عـیـراق بۆ نواندنی ڕۆڵێکی کاریگەرتر بۆ پوچەڵ کردنەوەی «دەستدرێژیی زایۆنیستی-

ئیمپریالیستی» تەرخان کراوەو تێیدا هانی رژێمی عیراق دراوە دەستپێشخەر بێ لە پێشنیارکردنی بەرەیەك بۆ کۆکردنەوەی عیراق، سوریا، جەزایر، لیبیا، ڕێکخراوی رزگاریی فەلەستین و یەمەنی دیموکرات بۆ «بەرەنگاری کردنی» پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و «بەرگری کردن» لە ناوچەی کەنداو و «پشتگیری کردنی» فەلەستینییەکان بۆ «رزگارکردنی» فەلەستین.

لە سێکتەری سێیەمیش چارەسەرێکی هەنوکەیی بۆ گیروگرفتی کورد پێشنیار کراوەو تێیدا پێشنیارە بنچینەییەکانی سێکتەری یەکەم بە شێوەیەکی رونتر دوبارە کراونەتەوەو ئەو پێشنیارەشیان بۆ زیاد کراوە کە لێپرسراوەتیی پاراستنی سنوری ناوچەی کوردنشینی عیراق- ئێران دەبێ بە «هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد» بسپێردرێ.

هەرچەند دیکۆمێنتەکە پێشنیاری بەجێی بۆ چارەسەر پێشکەش کردووە، بەڵام وەك لە سێکتەری یەکەمدا دەردەکەوێ، دیکۆمێنتەکە زێدەڕۆیی لە هەڵسەنگاندنی بەها و گرنگیی بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب و بزوتنەوەی فەلەستیندا کردووە، هەروەك وای داناوە کە دوژمنایەتی کردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم کوردو بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب دەکاتە هاوسەنگەرو ناکۆکییەکانیان دەکاتە ناکۆکیی نێوان هاوپەیمانە بابەتییەکان. ئەو جۆش و خرۆش و گەرم و گوڕییەی کە سەبارەت بە نەبەردە نەتەوەییە چارەنوسسازەکانی عەرەب بە دەربڕینەکانی دیکۆمێنتەکەوە دیارە، زۆرتر لە ژێر کاریگەریی ئەو کەش و هەوا سیاسییەدا بوو کە لەو رۆژگارەدا پاش سەردانەکەی سەرۆکی میسر ئەنوەر سادات بۆ قودس، باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا بوو و شەقامی عەرەبی وروژاندبوو.

عەلی عەسکەری وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی لۆلانەوە بە هەلیکۆپتەرێکی عیراقی گوێزرایەوە بۆ دیانا. لەوێ فەرماندەی لەشکری ٨ی سوپای عیراق عەبدولجەبار ئەنساری پێشوازیی لێ کردو لەوێوە بە هەلیکۆپتەر گوێزرایەوە بۆ کەرکوك، لەوێ هەر یەك لە جەنرال ئیسماعیل نعێمی، مێژەر جەنرال داوود جەنابی، مێژەر جەنرال جەسام جبوری و بریگەدێر جەنرال محەمەد عەبدوللەتیف پێشوازییان لێ کرد. لە کەرکوکەوە بە فڕۆکەیەکی تایبەت گەیەنرایە بەغدا. لە فڕۆکەخانەی موسەننای بەغدا بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری سەعدون شاکر لەپێشوازییدا بوو. بەر لەوەی چاوی بە سەددام حسێن بکەوێ، لە وەزارەتی بەرگریی عیراق چاوی بە وەزیری بەرگری جەنرال خێروڵڵا تلفاح و سەرۆکی ستادی سوپا جەنرال عەبدولجەبار شەنشەل کەوت، دواتریش چاوی بە سەددام حسێن کەوت. بۆ ماوەی سێ سەعات گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی کارنامە پێشکەشکراوەکە کرا. سەددام حسێن ئەوەی پشت راست کردەوە کە پەیوەندیی نێوان کوردو عەرەب پێویستی بە گێڕانەوەی متمانەیەو هەردولا لە بەرژەوەندییانە لاپەڕەیەکی تازە هەڵدەنەوە، هەروەها ئامادەیی دەربڕی کە دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی و چەند پۆستێکی وەزاریش رادەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات بەڵام بە هیچ شێوەیەك رەزامەندیی لەسەر سەلماندنی ئازادییە دیموکراتییەکان لە عیراق نیشان نەدا و کۆتایی هێنانی بە سیاسەتی راگواستن رەت کردەوەو دژی دوایین خاڵی چارەسەری هەنوکەیی وەستایەوە کە تایبەت بوو بە سپاردنی ئەرکی پاراستنی سنوری کوردستان بە هێزی پێشمەرگە.

وتووێژەکە سەری نەگرت. عەلی عەسکەری گەڕایەوە بۆ لۆلان و ئەنجامی گفتوگۆکانی لە بەغدا بە سەرکردایەتی راگەیاند. وتووێژەکە کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندییەکانی یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق هەبوو، هەروەها لەگەڵ سوریاو لیبیا. تاڵەبانی نامەی بۆ کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق نوسی، تێیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پابەندە بە پرنسیپی روخاندنی رژێم و ئەوەشی رون کردەوە کە خەباتی شۆڕشگێڕانە لە هەندێ قۆناغی دیاریکراودا پێویستی بە دانوستان و ئاگربڕە.

لە سوریا دکتۆر فوئاد مەعسوم، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، لە سەروتاری ژمارە ٨ی رۆژنامەی شەرارەدا بەرپەرچی رەخنەکانی دایەوەو نیشانیدا کە هەلومەرجی مەترسیداری ناوچەکە، بەتایبەتی پاش دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی میسر ئەنوەر سادات، یەکێتیی نیشتمانیی هانداوە ناکۆکیی لەگەڵ رژێمی عیراق هەڵپەسێرێ و مەبەستی لە دانوستانەکە «هاندانی» رژێم بووە بۆ بەشداری کردن لە هەوڵەکانی پەکخستنی دەستپێشخەرییەکەی ساداتدا بۆ ئەوەی رژێم «گیروگرفتە ناوخۆییەکانی» نەکا بە بیانوو بۆ خۆ دزینەوە لە بەشداری کردن لە کاری بەکۆمەڵ. سەروتارەکە رونی کردەوە کە «کاتێك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە کرد، هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتووە کە چەك فڕێ بدات». سەروتارەکە هاوپەیمان و دۆستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دڵنیا کردەوە کە یەکێتیی نیشتمانی «هەر بەردەوام دەبێ لەسەر بەرگریی چەکدارانە دژی زوڵم و زۆری فاشیستی و هەرگیز واز لە بیروباوەڕو ستراتیجی خۆی ناهێنێ».

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا، وتوویژی ساڵی ١٩٧٧ هیچ سودی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەبوو و هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانی دەستکەوتی لێ نەدەکرا. بە کردەوە، وتوویژ لەگەڵ حکومەتی عیراق هەم لەگەڵ دروشمی «روخاندنی رژێم» دا نەدەگونجا هەم لەگەڵ ئەندامەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق وێك نەدەهاتەوەو کۆی پرۆسەکە لە بەرەنجامی کۆتاییدا بە زیان شکایەوەو لە سوریا گومانی لەسەر راستگۆیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست کرد. پرۆسەکە لە ناوەڕۆکدا هەوڵێك بوو بۆ کورتکردنەوەی رێگاو بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکان بە رێوشوێنی ئاشتییانە.

تاکە دیکۆمێنتی فەرمی کە تێیدا دان بە هەڵەی دانوستانی ساڵی ١٩٧٧ دا نراوە، بڵاوکراوەی ناوخۆیی «ژیانی رێکخراوەییمان»ی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە کە لە ناوزەنگ دەرچووە. لە ژمارە ٢ی بڵاوکراوەکەدا کە مێژوی بۆ سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٨٢ دەگەڕێتەوە، لەبارەی وتوویژەکەوە هاتووە کە «لە راستیدا مفاوەزەکەی ئەو جارەی یەکێتی لەگەڵ حکومەت و چونی شەهید عەلی عەسکەری بۆ دیتنی سەددام، لە ناوەوەو دەرەوەی عیراق زەرەرێکی زۆری لێ داین، بێ ئەوەی لە ئەنجامی ئەمەدا هیچ دەستکەوتێکی سیاسی، پێشمەرگەیی یان ئیعلامیمان پێ ببڕێ. بژاردنەوەی ئەو زەرەرە زلەی بە هۆی ئەو مفاوەزە سەرنەکەوتووەوە لێمان کەوت، ماوەیەکی درێژو هەوڵ و ماندوبونێکی فرەی ویست، بگرە بوو بە دەرسێکی قورسی ئەوتۆ کە فێری کردین جارێکی تر نەکەوینەوە تەڵەی تاکتیکی حکومەتەوە. ئەوە بوو حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەرسی لەو تەجروبەیە وەرنەگرت و جارێکی تر کەوتەوە ناوی. ئەو دەرسە سەختەی کە زۆر لەسەرمان کەوت، فێری کردین زۆر وریا بین لە مەسەلەی مفاوەزەدا، بۆیە هەرچەند حکومەت یەکێکی دەناردو دەیویست رامانکێشێ بۆ ناو بۆسەی گفتوگۆ، ئێمە وەزعی گشتیی خۆمان

و وەزعی گشتیی دوژمن، توانای خۆمان و توانای دوژمن و ڕادەی جیددیبونی حکومەت لە مەسەلەی گفتوگۆداو ڕادەی ئامادەیی حکومەت بۆ سەلماندنی هەندێ لە مافەکانی گەلی کوردمان هەڵدەسەنگاندو بەو پێیە بڕیاری لێ دەدرا».

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەردەوام بوو لەسەر هەوڵەکانی بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە ڕەخنەگرەکان. پرۆسەکە ماوەیەکی خایاند بەڵام لە کۆتاییدا پەیوەندییەکان ئاسایی بونەوە.

## پاشکۆی ژمارە ١

## دەقی کارنامەی چارەسەری مەسەلەی کورد لە عیراق

ڕۆژهەڵاتەکەمان، لەوانە عیراقەکەی خۆمان، کەوتۆتە بەر شاڵاوێکی دڕندانەی ئیمپریالیستی- زایۆنیستی- کۆنەپەرستانە بە مەبەستی تەنگهەڵچنین بە گەلانمان و سەقامگیرکردنی قەوارەی زایۆنیستی (ئیسرائیل)و سەپاندنی ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و بێبەش کردنی گەلان لە دەستکەوتەکانی خەبات و تێکۆشانیان.

پیلانگێڕیی ئیمپریالیستی- زایۆنیستی- کۆنەپەرستی- شاهنشاهی، عیراقیشی کردۆتە ئامانج و لە سۆنگەی فاکتەری نەوتی و سیاسی و ستراتیجییەوە تەرکیزی لەسەر فەلەستین و کەنداوی عەرەبە. بۆ ئەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستیی شاهنشاهی بە چەشنێکی سەرکەوتووانە بەرپەرچ بدرێنەوە، پێویستە لە هەر وڵاتێکدا یەکێتییەکی نیشتمانیی ڕاستەقینەو تۆکمە هەبێ، هەروەك پێویستیشە یەکڕیزیی نیشتمانیی جیهانی عەرەب و هاوخەباتی لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشی جیهانی دابین بکرێن.

پتەوکردنی پەیوەندیی برایانەی مێژوویی لە نێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەب کە سەدان ساڵە لە ئارا دایە، بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرفرازانەی ئەم پلانە جەهەننەمییە، کە دژ بە هەردوو گەلە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. گفتوگۆی ڕاست و ڕەوان بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییە برایانە مێژووییەی نێوان هەردوو گەلی برای کوردو عەرەب، پێویستی بە درك کردنێکی هۆشیارانەیە بە خەباتی هاوبەش دژ بە دوژمنە هاوبەشەکان، هەروەك پێویستی بە درك کردنی یەکێتیی بەرژەوەندییە بنچینەییەکان و هاوچارەنوسیی هەردوکیانە. ئەمەش، بە دڵنیاییەوە، بەم مانایە دێ کە دەبێ هەردوو گەل دان بە ستراکچەری نەتەوەیی جیاوازو مافە نەتەوەیی و دیموکراتی و ئاواتە ڕەواکانی هەر یەکێکیاندا بنێن.

ئێمە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا باوەڕمان بە یەکێتیی تێکۆشان و هاوبەرژەوەندی و هاوچارەنوسیی هەردو گەلی برای کوردو عەرەب هەیە، باوەڕمان بەوەیە کە سەرکەوتنی نەتەوەی سەرفرازی عەرەب لە خەباتدا دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕزگاربون و یەکگرتنەوەی پێشکەوتنخوازانەو دیموکراسیی گەلی و ئنجا سۆسیالیزم، سەرکەوتنێکی مەزنە نەك هەر بۆ عەرەب، بەڵکو بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتەکەمان، لەسەروی هەمویانەوە گەلی کوردی خۆمان، بگرە بۆ هەموو مرۆڤایەتی. ڕەوتی پێشکەوتنخوازی کورد زێدەتر لە چارەکە سەدەیەکە دروشمێکی جێگیری بەرز کردۆتەوە، ئەویش ئەو دروشمەیە کە دەڵێ «هەر سەرکەوتنێکی نەتەوەی سەرفرازی عەرەب، بۆ نەتەوەی کوردیش بە سەرکەوتن ئەژمار دەکرێ».

بۆیە ئێمە وەك بیلبیلەی چاومان ئەو پەیوەندییە برایانە مێژوویە دەپارێزین، بە تێڕوانینێکی

ستراتیجییەوە لێی دەڕوانین، خۆمان بە گەورەتر لە ناکۆکییە بچوکەکان دەزانین، وای دەبینین کە ئەو ناکۆکییانە بۆ ئایندە بهێڵینەوەو زۆرتر پێ لەسەر مەسەلە هاوبەشەکان و خەباتی هاوبەش و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان داگرین.

ئەو ناکۆکییە دوژمنانەیەی کە هەیە، ناکۆکییە لە نێوان گەلانمان (کوردو عەرەب و گەلانی دی) و نێوان ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستیی نۆکەر یان گرێدراوی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. بۆیە ئەو دوبەرەکییەی کە لە نێوان بزوتنەوەی کوردایەتی و بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب و نوێنەرانی ئەم بزوتنەوەیەدا هەیە، لە روی بابەتییەوە، نەسازانە لە نێوان براکاندا، لەنێوان هاوپەیمانەکاندا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم جۆرە نەسازانە بە دایەلۆگی بنیاتنەر، بە رەخنە لەخۆ گرتن، بە سەلماندن و پێسەلماندن، بە کۆششی برایانەی زۆرترو بە خەباتی ئاشتییانەی فیکری و سیاسی، چارەسەر دەکرێت.

کردنی ئەو نەسازانە بە ناکۆکیی توندوتیژ هەڵەیەکی گەورەیە. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هەوڵی بەردەوامـمان بۆ لێك تێگەیشتنی برایانە لەگەڵ هەموو هێزە ناسیۆنالیستە عەرەبییەکان داوە، لەوانە حزبەکەی ئێوە، چ لەو رۆژگارەدا کە تێیدا حزبەکەتان تەنگپێهەڵچنراو و چەوساوە بووە چ پاش ئەوەی کە گەیشتۆتە دەسەڵات. تۆماری پەیوەندییەکانمان هەڵوێستی برایانەو سەربەرزانەی ئێمەتان بۆ ساغ دەکاتەوە.

ئێمە رامان وایە کە ئۆباڵی کردنی نەسازانی کورد-عەرەب بە ناکۆکییەکی توندتیژ، لە ئەستۆی ئەو سیاسەتە کورتبینەیە کە جەماوەری کوردو رەوتی پێشکەوتنخوازی کورد پشتگوێ دەخا و خۆی بەوەوە سەرقاڵ دەکا کە سەرکردەو تاکەکان بە شتی تر، جگە لە مافی نەتەوەیی، رازی بکات، هەروەك لە ئەستۆی ئەو سیاسەتەشە کە خوازیارە کورد لە خاکی باوك و باپیرانی راگوێزێ و روخساری نەتەوەیی کوردستانی عیراق بگۆڕێت.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە لەم بارودۆخەی ئێستادا پێویستی بەم هەنگاوانەی خوارەوەیە:

١-گێڕانەوەی متمانە لە نێوان کوردو عەرەب و وردتر لە نێوان رژێم و کۆمەڵانی خەڵکی کورد.

٢-کۆتایی هێنان بە سیاسەتی راگواستن و گۆڕینی روخساری نەتەوەیی کوردو گێڕانەوەی هەموو راگوێزراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان لە کوردستان.

٣-بەردانی هەموو کوردە حوکمدارەکان و گیراوەکان و ئەوانەی بۆ باشور دور خراونەتەوە.

٤-بنیاتنانەوەی گوندە تێکدراوەکان و قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتووەکان و دابین کردنی بودجەی پێویست بۆ قەرەبوکردنەوە.

٥-جێبەجێ کردنی هەموو ماددەکانی بەیاننامەی ئازارو جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەسەر دەستی نوێنەرانی گەلی کوردو پەرەپێدانی ئۆتۆنۆمی.

٦-سەلماندنی ئازادییە دیموکراتییەکان لەوانە ئازادیی کاری سیاسی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٧-متمانە بەخشین بە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و سپاردنی لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی پێیان و سپاردنی کاروباری پاراستنی سنور بە یەکە چەکدارەکانی پێکهاتوو لە خەڵکانی نیشتمانپەروەری دوژمن بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، یەکەی دڵسۆز بۆ برایەتیی تێکۆشەرانەی کوردو عەرەب.

ئێمە هەست بە مەترسیی دەستێوەردانی ئاشکرای ئێران لە کاروباری عیراق دەکەین کە خۆی لە گێڕانەوەی گروپە چەکدارەکانی سەرکردایەتیی

بارزانیی وابەستەی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزم و کۆنەپەرستیی شاهنشاهیدا دەنوێنێ. دەستێوەردانی ئێران بەشێکە لە پیلانێکی ئیمپریالیستی- زایۆنیستیی دژ بە عیراقەکەمان، دژ بە گەلی کوردو دژ بە نەتەوەی عەرەب. لەم پیلانە ئیمپریالیستییە- زایۆنیستییەدا، سەرکردایەتیی بارزانی رۆڵی ئەسپی تەروادە دەبینێ.

بەڵگەنامە ئەمریکییەکانی ئۆتس پایك و نامەکانی بارزانی بۆ کارتەر بەڵگەی ئەوەن کە سەرکردایەتیی بارزانی باندێکی بەکرێگیراوی ئەمریکا و دەستوپێوەندی زایۆنیزم و کۆنەپەرستیی شاهنشاهییە. سەرکەوتن لە بەرەنگاری کردنی ئەم پیلانە ئیمپریالیستییە- زایۆنیستییەدا پێویستی بەم هەنگاوانەی خوارەوەیە:

١-راگرتنی شەڕی براکوژی لە لایەن ئێوەوە.

٢-کۆتایی هێنان بەو سیاسەتە چەوتەی کە لەسەر بنەمای راگواستن و بەعەرەبکردن دامەزراوە.

٣-بە کردەوە جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردستان و جێبەجێ کردنی یەکە بە یەکەی ماددەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠.

٤-متمانە بەخشین بە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردو سپاردنی ئەرکی بەرپەرچدانەوەی ئەم پیلانە ئیمپریالیستییە- زایۆنیستییە بەو هێزانەو پشتگیری کردنیان لەم کارەدا.

رۆڵی نەتەوەیی عیراق:

عیراق دەتوانێ رۆڵێکی گرنگ لە شەڕی نەتەوەی عەرەب و لە خەباتی نەتەوەی عەرەبدا دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، لە رزگارکردنی فەلەستین و بەرگری کردن لە کەنداوی عەرەب، بگێڕێت. بەڵام بۆ ئەوەی رۆڵی نەتەوەیی خۆی بگێڕێ، پێویستی بەم هەنگاوانەیە:

١-پتەوکردنی یەکڕیزیی نیشتمانیی گەلی عیراق کە برایەتیی کوردو عەرەب بەردی بناغەکەی پێکدێنێ.

٢-یەکپارچەیی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق و پەرەپێدانی رەوتە بنچینەییە راستەقینەو کاراکان لە رەوتی خەباتی یەکگرتوودا.

٣-سەلماندنی ئازادییە دیموکراتییەکان، لەوانە ئازادیی کاری سیاسی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٤-کارکردنی عیراق بۆ راگەیاندنی دەستپێشخەرییەکی نوێ و بڵاوکردنەوەی بانگەواز بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی عەرەبی لە عیراق، لیبیا، سوریا، رێکخراوی رزگاریی فەلەستین، یەمەنی دیموکرات و جەزایر بۆ بەرەنگاری کردنی پیلانە ئیمپریالیستییە- زایۆنیستییەکە.

٥-وەگەڕ خستنی وزە ماددی و عەسکەرییەکانی عیراق لە شەڕی نەتەوەی عەرەبدا دژ بە دەستدرێژیی زایۆنیستیی- ئیمپریالیستی.

٦-هەماهەنگی لەگەڵ هێزو دەوڵەتە عەرەبییە پێشکەوتنخوازەکان بۆ بەرگری کردن لە کەنداوی عەرەب.

٧-پشتگیری کردنی شۆڕشی فەلەستین بە هەموو گروپەکانییەوە بۆ رزگارکردنی تەواوی خاکی فەلەستین.

چارەسەری هەنوکەیی گیروگرفتی کورد لە عیراق:

١-کۆتایی هێنان بە سیاسەتی راگواستن و گۆڕینی روخساری نەتەوەیی و گێڕانەوەی هەموو راگوێزراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان.

٢-جێبەجێ کردنی هەموو ماددەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەسەر دەستی نوێنەرانی گەلی کوردو پەرەپێدانی یاساکە.

٣-بەردانی هەموو کوردە حوکمدراو و گیراوەکان.

٤-سپاردنی ئەرکی پاراستنی سنوری عیراق لە ناوچەی کوردنشین بە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد.

مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

تشرینی دووەمی ١٩٧٧

## پاشکۆی ژمارە ٢

## سەروتاری رۆژنامەی شەرارە دەربارەی وتوویژی ساڵی ١٩٧٧

لەوەتەی هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شارەکانی عیراقیان بەجێ هێشتووە و بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش رویان لە چیاکانی کوردستان کردووە، دەسەڵاتی حوکمڕان لە بەغدا بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە پەیوەندی بە هەندێ هەڤاڵی سەرکردەوە بکات. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بەم هەوڵانە، یەك هەڵوێستی هەبوە، ئەویش پشت گوێ خستنی هەوڵەکان بوو. دەسەڵات لە رێی ئەم هەوڵانەوە مەسەلەکەی دەخستە ئەو قاڵبەوە کە مەسەلەکە مەسەلەی چەند کەسێکە، یاخود گوایە هاندەری ئەو هەڤاڵانە بۆ راگەیاندنی شۆڕش، حەزو ئاواتی کەسییە. بەڵام پەرەسەندنی چالاکییە عەسکەرییەکانی هێزی پێشمەرگەو کاریگەریی دروشمەکانی شۆڕش لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و پەی بردنی دەسەڵات بەوەی کە لە خۆی رانابینێ بتوانێ شۆڕش لەناو بەرێ، وای لە دەسەڵات کرد بەرگێکی تر بە هەوڵەکانی بۆ پەیوەندی کردن بە هەڤاڵانەوە بدات، ئەویش بە شێوەی دانانی بە هەندێ مافی داواکراودا بە بێ ئەوەی بچێتە سەر کرۆکی مەسەلەکە. هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرامبەر بەم هەولانە، هەمان هەڵوێست بووە بەرامبەر بە هەوڵە بەراییەکان. لەم دواییەدا، کاتێك دەستپێشخەرییەکانی سەرشۆڕکردن بۆ ئیسرائیل هاتنە ئاراوەو خۆیان لە بڕیارەکەی ساداتدا لەمەڕ سەردانی ئیسرائیل بەرجەستە کرد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درکی بە دورنمای مەترسیداری ئەو دەستپێشخەرییانە کرد کە مایەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکان لە ناوچەکەدا لە رێی ئیسرائیلەوە، هەروەك فاکتەرێکیشن بۆ بوژانەوەی ئەو رژێمە کۆنەپەرستانەی کە دەستیان لە هاوکاری کردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا هەیە. ئەمەش بەم واتایە دێت کە ناوچەکەمان، وەك سەردەمی پاش جەنگی دووەمی جیهان، دەبێتەوە بە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی ئیمپریالیزم بەڵام بە دەمامك و دروشمی جیاواز لە دەمامك و دروشمە باوەکانی جاران.

لەم سۆنگەیەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك پشتیوانییەك لە جەماوەری عەرەب، لە رێگای هەندێ فەرماندەی تیپەکانی سوپاوە کە بۆ شەڕی هێزی پێشمەرگە لە کوردستان دان، پەیوەندیی راستەوخۆی بە دەسەڵاتەوە کردو کارنامەیەکی پێشکەش کرد کە تێڕوانینی خۆی تێیدا سەبارەت بەو رێچکەیە دیاری کردبوو کە دەبێ عیراق لە ناوخۆو لەسەر ئاستی جیهانی عەرەب و لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا پێیدا بڕوا، لەم سەروبەندەشدا ئامادەیی دەربڕی کە هەموو کۆشش و تەقەللای خۆی بۆ سەقامگیرکردنی ئەم ئاراستەیە بخاتە گەڕ. لەمەوبەریش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری دابوو ئەگەر رژێمی عیراق بیەوێ بەشداری لە زیندوکردنەوەی بەرەی رۆژهەڵاتدا بکا و لە ڕوی عەسکەرییەوە پشتیوانی لە مەسەلەی گەلی فەلەستین بکا، ئەوا ئەو چالاکیی عەسکەریی خۆی رادەگرێ و بەرەی پشتەوەی سوپای عیراق دەپارێزێ بۆ ئەوەی سوپای عیراق ئەرکی نەتەوەیی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ.

دیاره ئەم دەستپێشخەرییەی یەکێتی زادەی گۆڕانی تێڕوانینی بۆ ڕژێمی دەسەڵاتداری عیراق نیەو هەروەها ئەنجامی دیدێکی تر بۆ ڕاستی و سروشتی ڕژێم نیە. هیچ شتێکی وا لە ئارادا نەبوو، بەڵکو مەبەست هاندانی ڕژێم بوو بۆ بەشداری کردن لە هەڵوێستێکی پێشکەوتنخوازانەدا لە دژی ئاراستە کۆنەپەرستییە بێ شەرمەکەی ناوچەکە. پێشبینیی ئەوەشمان کرد بوو کە ڕەنگە ڕژێم حیساب بۆ ڕای گشتیی پێشکەوتنخوازی عەرەب و ڕای گشتیی نێودەوڵەتان بکات و بۆ ئەوەی بیانوو نەگرێ و نەڵێ گوایە گیروگرفتە ناوخۆییەکانی لێ ناگەڕێن بەشدارییەکی کارا بکات، هەروەها مەبەستمان بوو ڕاستیی هەڵوێستەکانی یەکێتی و گەلی کورد بەرامبەر بە کەیسە عەرەبییەکان، لەسەروی هەموویانەوە مەسەلەی فەلەستین، بە بەڵگەوە بۆ هێزە عەرەبییە پێشکەوتنخوازەکان بسەلمێنین.

ئەمە پاڵنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە پەیوەندی کردنی بە ڕژێمی عیراقەوەو پێشکەش کردنی کارنامەیەکی وا کە دەکرا ڕێککەوتنی لەسەر بکرێ.

بەڵام دەسەڵات، وەك خووی جارانی، ئامادەیی بۆ پەسندکردنی خاڵە ناسەرەکییەکان دەربڕی، بەڵام ڕەزامەندیی لەسەر زۆر لەو خاڵە گرنگانە دەرنەبڕی کە شۆڕش لەپێناویاندا تێدەکۆشێ. هەروەها ڕەزامەندیی لەسەر بابەتی گێڕانەوەی ڕاگوێزراوەکان بۆ ناوچەکانی کە ناوی ناوە پشتێنەی سنورو بە پانیی ٢٠ کیلۆ مەترن بە درێژایی سنوری عیراق لەگەڵ ئێران و تورکیاو سوریا، نیشان نەدا.

ئەمەش خاڵێکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناتوانێ دەستبەرداری بێت چونکە بەزۆر ڕاگواستنی دەیان هەزار هاووڵاتی لە خاکی باوباپیران و زەوت کردنی موڵکەکانیان هەر لەبەر ئەوەی دەسەڵات خوازیاری کارێکی وایە، شتێکە سازشی لەسەر ناکرێ. جگە لەوەی کە ئەمە ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و نیازی ڕاستەقینەی دەسەڵاتە بەرامبەر بە گەلی کورد لە عیراق بە مەبەستی گەماڕۆدانی گەلی کورد لە هەموو لایەکەوەو چاندنی تۆوی دوژمنایەتی لە نێوان کوردو ئەو هاووڵاتییە عەرەبانەی کە دەسەڵات ناچاریان دەکات لە ناوچەکانی ئەم پشتێنەیە نیشتەجێ بن. کاتێکیش دوژمنایەتی لە نێوان هەردوو گەلی برا دروست دەبێ، ڕژێمی فاشیست لە دەسەڵاتی خۆی دڵنیا دەبێ و بەو دەستانەی کە بە خوێنی گەلی عیراق سورن جڵەوەکە دەگرێ، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە ئەم ڕژێمە هەمیشە هەوڵی بۆ داوە، سەرباری ئەوەی کە ئەم پشتێنە سنورییە پارچەکانی نەتەوەی کورد لێك دادەپچڕێنێ.

هەروەها دەسەڵات ڕازی نەبوو چەند هەزار پێشمەرگەیەك ببن بە پاسەوانی سنور، گوایە ئەمە «دەوڵەتێك لە ناو دەوڵەتدا دروست دەکات». کاتێك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە کرد، هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتووە کە چەك فڕێ بدات. ئەم ڕژێمە خوێناوییە شۆڤێنیستە لێی ڕانابینرێ کەشێکی دیموکراتییانە لە وڵات بێنێتە دی چونکە ڕژێمەکە بە پیلانگێڕی و بەکارهێنانی هێز گەیشتووە بە دەسەڵات و تاکە ڕێوشوێن کە باوەڕی پێیەتی، ئەو ڕێوشوێنەیە کە ئامانجەکانی خۆی پێ دێنێتە دی. کاتێکیش شۆڕش باوەڕ بە بەڵێنەکانی ئەم ڕژێمە دەکات و دەست لە جەنگاوەرەکانی هەڵدەگرێ، ئەم کارە بە مانای خۆبەدەستەوەدان دێ.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنها لەو کاتەدا بڵاوە بە جەنگاوەرەکانی دەکات کە دەسەڵاتێکی نیشتمانیی دیموکراتی لە عیراق دێتە سەر کار کە بتوانێ دیموکراسی بۆ تەواوی گەلی عیراق دابین بکات. دیارە کاربەدەستە شۆڤێنیستەکانی

عیراق ویستویانە ئەم دەستپێشخەرییە مەبدەئییەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بقۆزنەوەو وای نیشان بدەن كە دەستپێشخەرییەكە لە لاوازییەوە هاتووەو رەنگە واش تێگەیشتبن كە یەكێتی دەستبەرداری هەندێ لە داخوازییە بنەڕەتییەكانی دەبێت. بەڵام یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان هاوپەیمان و دۆستەكانی دڵنیا دەكاتەوە كە هەر بەردەوام دەبێ لەسەر بەرگریی چەكدارانە دژی زوڵم و زۆری فاشیستی و هەرگیز واز لە بیرباوەڕو ستراتیجی خۆی ناهێنێ. راستە دەسەڵات هەموو توانای دەوڵەتی لەبەر دەستدایەو هەموشی لە دژی ویستی جەماوەر بەكار دێنێ، لە كاتێكدا یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەو توانا ماددییە زۆرو زەوەندە بێبەشە، بەڵام لە بەرامبەردا یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان باوەڕی تەواوی بە گەلەكەی خۆی هەیەو تەواو لەوە دڵنیایە كە مێژوو هەرگیز بۆ دواوە پاشەكشە ناكات.

سەرچاوە: رۆژنامەی «شەرارە»، ژمارە ٨، كانونی دووەمی ١٩٧٨، ل١-٢.

تێبینی: وتارەكە دكتۆر فوئاد مەعسوم نوسیویەتی و لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی.

## كاروان خالید تاهیر



پێشمەرگە و كادیری چاپخانەو میدیاكار. لەدایكبوی ساڵی ١٩٦١ی شاری سلێمانی. بە هۆی كاری باوكییەوە كە ئەندازیار بووەو زوو زوو لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر گوێزراوەتەوە، خێزانەكەی بەردەوام لەگواستنەوەدا بووە. هەر لەم سۆنگەیەشەوە قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەشارەكانی كەركوك، هەولێر، باقوبە، بەغدا، دیوانیە، دهۆك و سلێمانی تەواو كردوە.

ساڵی ١٩٧٨ لە بەشی میكانیكی زانكۆی تەكنەلۆژیی بەغدا وەرگیرا. ساڵی ١٩٨١، لە كاتێكدا كە لە قۆناغی چوارەمی خوێندنی زانكۆدا بوو، پەیوەندیی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەكاندا گرژییەكی زۆری تێكەوت. لەو ساڵەدا برایەكی، رێبوار، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە كردبوو. پێشتریش، دوو برای، بەختیار، لە زستانی ١٩٧٩دا لە ناو شاری سلێمانیو برایەكی تری، بەیان، لە بەهاری هەمان ساڵدا لە سێوسێنان لە قەرەداغ لە پێشمەرگایەتیدا شەهید ببوون. بۆیە، دەزگا ئەمنییەكان كەوتبونە تەنگ پێ هەڵچنینی. پاش هەست كردنی بە هەڕەشەی گرتن، خوێندنی بەجێ هێشتو پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە كرد. سەرەتا لە بارەگاكانی ناوزەنگ گیرسایەوەو دواتر گوێزرایەوە بۆ گوندی توژەڵە كە بارەگای دەزگای راگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانی لێ بوو. رێبواری براشی هەر لەوێ كاری دەكرد. لەوێ لە چاپخانەی برایم عەزۆ كاری كردو وەك كادیرێكی تەكنیكی رۆڵێكی بەرچاوی لەچاپكردنی بڵاوكراوەكانو كاری دیزایندا گێڕا.

ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ گواستنەوەی بارەگای دەزگای راگەیاندن بۆ دۆڵی جافەتی، ئەویش گوێزرایەوە بۆ ئەوێو دواتر لە بەشی چاپخانە لە بەرگەڵوو گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا چاپخانە پەرەسەندنێكی زۆری بە خۆیەوە بینیو تیراژو كوالیتیی چاپ تێیدا زۆر گەشەی كرد، بەتایبەتی پاش بەكارهێنانی تایپی پێشكەوتوترو ئۆفسێتی گەورە.

ساڵی ١٩٨٨ بە هۆی زیادبونی هێرشی کیمیاییەوە، لەگەڵ چاپخانە گوێزرایەوە بۆ شاری سەقز لە ئێرانو لەوێش تا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوو لەسەر کاری خۆی. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بۆ خوێندن نێردرا بۆ یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو. لەوێ لە ئۆزبەکستانو روسیا بابەتی رۆژنامەوانیی خوێند. ساڵی ١٩٩٢ چوو بۆ سوید و لەوێ بەردەوام بوو لەسەر خوێندنی باڵا. لە ساڵی ١٩٩٤ بەدواوە لە رۆژنامەی نیریکس ئەلیهاندا و تەلەفزیۆنی سویدی کاری کرد.

لە ساڵی ١٩٩٨ بەدواوە وەك پەیامنێرو سەرپەرشتیاری هەواڵەکان لە رادیۆی سوید لە شارەکانی ستۆکهۆڵمو ئوریبروو کاری کردوەو ماوەیەکیش رۆڵی پەیامنێری رادیۆی سویدیی لە هەرێمی کوردستانو روسیا گێڕاوە. لە ساڵی ٢٠٠٦دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی ئۆریبروو و پاش دوو ساڵ ماجستێری لە میدیاو زانستەکانی کۆمیونیکەیشن لە هەمان زانکۆ بەدەست هێنا. لە ساڵی ٢٠١٠دا بە ئەندام لە لیژنەی ئاکاری پیشەیی سەر بە یەکێتیی رۆژنامەنوسانی سوید وەرگیرا.

لە چوارچێوەی کارەکانیدا چەند توێژینەوەیەکی بە زمانی سویدی پێشکەش کردووە لەوانە توێژینەوەیەك سەبارەت بە راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی پەیوەست بە دیاردەی بەهاری عەرەب لە ساڵی ٢٠١١ کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە و پرۆفیسۆر ستیگ ئارنی سەرپەرشتیی کردووەو توێژینەوەیەکی تر سەبارەت بە کۆمیونیکەیشن لە دادگاکاندا کە ساڵی ٢٠١١ پێشکەش بە زانکۆی لینیۆس کراوە.

## کارێزی خاڵخاڵان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزێکی گەورەی سوپای عێراق بە سەرپەرشتیی جەنراڵ بارق عەبدوڵڵا حاجی حونتە و نێوان هێزەکانی کەرتی ٢ی شوانی تیپی ٢١ی کەرکوكو مەفرەزەیەکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە ٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ لە ناوچەی خاڵخاڵان.


هێزەکەی دوژمن کە لە دەوروبەری پێنج هەزار سەربازی کۆماندۆ پێکهاتبوو، بە مەبەستی سوتماك کردنی خاکی ناوچەکانی سنوری هەردوو تیپی ٢١ی کەرکوكو ٢٥ی خاڵخاڵان هەڵکشابووە سەر دەڤەرەکە.

پاش بڵاوبونەوەی هێزەکانی دوژمن بە ناوچەکەدا، هێزی پێشمەرگە لەگوندی مۆردخوادەی خاڵخاڵانەوە بەرەو گوندی کارێزەی خاڵخاڵان بەڕێ کەوت. شەڕ سەعات ٢٣,٣٠ دەستی پێکرد، پێشمەرگەکانی یەکێتی لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر دوژمنو پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیست لە قۆڵێکی ترەوە. شەڕ تا سەعات ٢ درێژەی کێشا. هێزی پێشمەرگە دوو کیلۆمەتر زیاتر هێزەکانی دوژمنی راونا. زیانی ماڵیی دوژمن بەم جۆرە بوو: سوتانی یەك زرێپۆشو یەك جێبی گاز قیادەو دوو ئیڤاو ئوتومبیلێکی سکانیاو شۆفلێك کە هێزەکانی سوپا بۆ روخاندنی گوندەکان بەکاریان دەهێنا. هەشت هاوەنی ٨٢ ملمو ١٥ کلاشنکۆفو ئارپی جییەك دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە بوو. لەبەر سەختیی شەڕەکەو زۆریی هێزەکەی دوژمن، نەتوانرا دەست بەسەر ژمارەیەکی زۆری دەستکەوتدا بگیرێ.

لەم شەڕەدا دوژمن زیاتر لە ١٥٠ کوژراوو زیاتر لە ١٠٠ برینداری هەبوو. سەربازێکیش بە دیل گیرا بەڵام لە ئەنجامی شەڕی دەستەویەخەدا، بەگوللەی سەربازەکان گیانی لەدەستدا.

هێزی پێشمەرگە سێ شەهیدی هەبوو: دوانیان ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن و ئەمانەن: نەسرەددین عەبدوڵڵا پیرەجانیو سەیفەددین بیرەسپانیو ئەوی تر ناوی زمناکۆ بوو، ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو.

## کازیوە (گۆڤارا)




گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی مانگانەیە، دەزگـــای راگـەیـانـدنی نـاوەنـدیـی کۆمـەڵـەی خوێندکارانو لاوانـی کوردستان دەری کـردووە. تەنها شەش ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە یەکی گۆڤارەکە لە ئـایـاری ١٩٩٣ دەرچـووەو دوایین ژمـارەی کە ژمـارە شەشە لە کانونی یەکەمی ١٩٩٤ دەرچووە، بەڵام ژمارە ٣ - ٤ ژمارەیەکی دوانەییەو رێکەوتی تەموزو ئابی ١٩٩٣ی لەسەرە.

هـەمـوو ژمـارەکـانـی گـۆڤـارەکـە لـە هـەولێـر دەرچون. ژمارە ١و ٢ بەفۆتۆکۆپی چاپ کراون بـەڵام بەرگی ژمـارە ٢ لە چاپخانەی زانکۆی سـەلاحـەددیـن چـاپ کـراوە. ژمـارەکـانـی دواتـر، بە بـەرگـو نـاواخـنـەوە لـە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین چاپ کراون.

ژمـارەی لاپەڕەکانی لە نێوان ٥٤ و ٨٥ لاپەڕەدایەو قـەوارەی لە نێوان ١٧ بە ٢٢ و ١٧ بە ٢٣سم دایە. ئەم گۆڤارە لە ڕووی دیزاینەوە ئاستێکی باشی هەیەو زۆربـەی بابەتەکانی بۆ کاروباری فێرکاریو پەروەردەو رەوشی خوێندکاران تەرخان کراون. گۆڤارەکە وەك سەرنوسەرو دەستەی نوسەران ناوی کەسی بەسەرەوە نیە بەڵام ئەوانەی رۆڵی سەرەکییان لەدەرکردنیدا هەبووە ئەمانەن: شەفیق حاجی خدر، لەتیف عـومـەر مستەفا، ماکۆك محەمەد برایم و نورەددین ساڵح.

## کاکەڕەش سدیق



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تـەواوی بابەکر سدیق ئەحمەد. لەدایکبوی ســاڵـی ١٩٥٢ی گـەڕەکـی بـولاخـی شـــاری کـەرکـوك. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە کەرکوك تەواو کـردووە. ساڵی ١٩٧٢ بۆتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٧٥، دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕاوەتەوە بۆ کەرکوكو خولێکی شەش مانگیی پێگەیاندنی مامۆستایانی پیشەیی لە بواری تەکنەلۆژیادا تەواو کردوە. ئەم خولە ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند کە لە ناوەندیی پیشەسازیی تکریت ببێتە مامۆستا.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ساڵی پاشتر لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی شانەیەکی رێکخستنی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٧٩ بووە ئەندام لە کۆمیتەی ئاگر. ساڵی ١٩٨٠ لە سۆنگەی زمانلێدانەوە دەستگیر کرا بەڵام دەزگا ئەمنییەکان

نەیانتوانی هیچی لەسەر ساغ بکەنەوەو لە کۆتاییدا، پاش زیاتر لە سێ مانگ، ناچار بون ئازادی بکەن. هەمان ساڵ پاش ئەوەی لێپرسراوی کۆمیتەی ئاگر حەمە کەریم عەلی رەزا ناسراو بە ئەحمەد کرێکار پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، بۆ ماوەی نزیکەی دە مانگ سەرپەرشتیی کۆمیتەکەی کرد.

ساڵی ١٩٨١ لە سۆنگەی بەرپابونی شاڵاوێکی سەخت لە دژی کۆمیتەی ئاگر، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ گیرسایەوە. هەمان ساڵ کرایە لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی شارباژێڕ. ساڵی ١٩٨٥ کرایە کارگێڕی رێکخراوی ٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٨٧ لێپرسراوەتیی کاروباری رێکخستنی سنوری تیپی ٥٩ی حەمرینی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا.

ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو ساڵی دواتر کرایە لێپرسراوی هۆبەی سیاسی لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی بە پلەی رائید. ساڵی ١٩٩٣ بووە لێپرسراوی هەواڵگریی فەرماندەیی ناوچەی کەرکوک.

لە ساڵی ١٩٩٦- ١٩٩٧دا لێپرسراوەتیی قایمقامیەتی چەمچەماڵی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٣ دوا بەدوای روخانی رژێمی بەعس، کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوک. ساڵی ٢٠٠٥ بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک هەڵبژێردرا و ساڵی دواتر بە ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ دیاری کرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی کەرکوک، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## کامەران عارف فەتاح



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانو فەرماندە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی شاری پێنجوێن. ساڵی ١٩٦٢ باوکیو دوو ئامۆزای باوکی لەگوندی تازەدێی ناوچەی پێنجوێن بە بۆردومانی فڕۆکە گیانیان لە دەست دا و لەم سۆنگەیەوە دایکی ئەرکی بەخێوکردنی گرتە ئەستۆ. خوێندنی سەرەتایی لە پێنجوێن تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو هەر ئەو ساڵە خۆیو چوار هاوڕێی چونە ریزی هێزی پێشمەرگەوە لە ناوچەی شلێر. لە دەستەکەی بەکر حاجی سەفەر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد.

دوای ئەوەی فەرمانگەی ئەمنی پێنجوێن بە چونە دەرەوەی گروپەکەی زانی، دایکی کامەرانو دایکو باوکی چوار هاوڕێکەی دەستگیر کران، بۆ شاری رومادی دور خرانەوەو تا ساڵی ١٩٧٨ لەوێ مانەوە. دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازاد کران.

لەو ماوەیەی کە لە شلێر بوو، بەشداریی لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کرد، بەتایبەتی چالاکییەکانی ناو شاری پێنجوێن.

ساڵی ١٩٧٨ لە کاتی خۆسازداندا بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوری عیراق- تورکیا بۆ هێنانی برێك چەك كە لە بەرنامەدا بوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە لە برادۆست، لەگەڵ هێزەکانی ناوچەی شلێردا چوو بۆ گوندی نۆکان کە لەو کاتەدا

بارەگای سکرتێری گشتیو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو. لەوێ بڕیار درا چەند پێشمەرگەیەکی هۆشیارو زرنگ بۆ دەستەکەی سکرتێری گشتی بگوێزرێنەوە. ئەو یەکێ لەو پێشمەرگانە بوو.

پاش بەرێ کەوتنی هێزەکان بۆ سەر سنوری عیراق- تورکیا، لەگەڵ دەستەکەی تاڵەبانیدا بەهارو هاوینی ئەو ساڵەی لە قەندیل بەسەر برد.

ساڵی ١٩٧٩ بۆ هەرێمی یەکی هەورامان گوێزرایەوەو لەوێ کرایە رابەری سیاسیی یەکێ لە کەرتەکانی هەرێمەکەو هەر ئەو ساڵە، لە چوارچێوەی پرۆسەی پشتگیری کردنی پێشمەرگەکانی کوردی ئێراندا، بەشداریی لە شەڕەکانی مەریوانو بانەدا کرد. ساڵی ١٩٨٠ لەکەرتی ٣ی هەرێمی ٣ی شارباژێر کرایە فەرماندەی مەفرەزەو لەو ماوەیەدا بەشداریی لە زۆربەی چالاکییەکانی هەرێمەکەدا کرد، لەوانە چالاکییەکانی ناو شارەکانی سلێمانیو چوارتاو بەرزنجە.

هەر ئەو ساڵە لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا لەگوندی سلێمانەی ناوچەی شارەزور، بە برینداری بەدیل گیرا. دوای ئازادکردنی، بۆ چارەسەر چوو بۆ تاران بەڵام لەوێ دەستگیر کرا و یەك مانگی لە زیندان بەسەر برد. لەو کاتەدا پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ئێران خراپ بوون چونکە یەکێتیی نیشتمانی پشتیوانیی کوردی ئێرانی کردبوو.

ساڵی ١٩٨١ بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کرد. لەو ماوەیەدا بە هۆی ئەوەوە کە برینداربیەکەی بواری نەدەدا بەشداری لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا بکا، ئەرکی لۆجستیکیی گرتە ئەستۆو لەگوندی بلەکێ لێپرسراوەتیی بنکەیەکی هێزی پێشمەرگەی پێ سپێردرا کە نەخۆشخانەیەکی بۆ تیمارکردنی برینداەرەکانی هێزی پێشمەرگەو زیندانێکی دیلەکانی لێ بوو.

ساڵی ١٩٨٢ کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی مەڵبەندی یەك و لە ساڵی ١٩٨٦دا کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو. ساڵی ١٩٨٨ بە هەمان پلە بۆ تیپی ٣٣ی سورێن گوێزرایەوە.

لە راپەڕینی ١٩٩١دا بەپێی بەرنامەی دانراو بەشداریی لە رزگارکردنی ناوچەکاندا کرد. دوای راپەڕینو پاش پێکهێنانی هێزی ٤ی پێنجوێن کە جەلیل هەورامی فەرماندەی بوو، کرایە فەرماندەی یەکێ لە سێ بەتالیۆنەکەی ئەو هێزە.

ساڵی ١٩٩٦ بۆ چارەسەرکردنی برینداربیەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی، روی کردە ئەوروپاو لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. ساڵی ٢٠١٢ بووە لێپرسراوی کۆمیتەی ئەڵمانیای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان.

دوو مەدالیای رێزلێنانی پێ بەخشراوە. یەکێکیان هی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانەو ئەوی دیکە هی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانە.

## کانی بێریز (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی پێشمەرگەکانی هەرێمی ٧ی باڵەکە لە ١٩ی ئایاری ١٩٧٩ لە نزیك گوندی کانی بێریز لە ناوچەی باڵەکایەتی. لەم چالاکییەدا پێشمەرگەکان لە نێوان ئەو چەند رەبیەی کە سوپای عیراق لە دەوروبەری گوندەکەی دانابوو، بۆسەیان نایەوەو لە ئەنجامدا ژمارەیەك سەرباز کەوتنە ناو بۆسەکەو گوللەباران کران.

لە ئاکامی ئەم چالاکییەدا ٧ سەرباز کوژران و دەستکەوتی هێزی پێشمەرگەش یەك رەشاشی سیخۆ بوو.

## کانی بیشوو (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٧٨ لە کانی بیشووی نزیك گوندی دڕی لە ناوچەی ماوەت. هێزەکەی سوپا لە دەمەو بەیانیدا توانیبوی گەمارۆی مەفرەزەکەی پێشمەرگە بدا. لە ئەنجامدا شەڕێکی دەستەویەخە رویدا. ئەحمەد فەتحوڵڵا، کادیری پێشکەوتوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو جێگری فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ رابەرایەتیی شەڕەکەی کردو بەرگرییەکی سەختی کرد.

شەڕەکە بە شەهیدبونی ئەحمەد فەتحوڵڵاو چوار پێشمەرگەی مەفرەزەکە بە ناوی عوسمان مەجید شوان، محەمەد حاجی عەلی، جەزا مستەفا و فەرەیدون حاجی برایم کۆتایی هات. هەروەها کادیرێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە ناوی خانەی موعینی کەتازە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو، لە شەڕەکەدا شەهید بوو. خانەی موعینی لە ناو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەیەکەم شەهیدی پێشمەرگەی ئەم رێکخراوە دادەندرێو رۆژی شەهیدبونی بۆتە رۆژی پێشمەرگەی رێکخراوەکە.

سێ پێشمەرگەی دیکەش لە شەڕەکە بە بریندارى بە دیل گیران کە ئەمانەن: ساڵح محەمەد ئەحمەد، مستەفا حاجی محەمەدو برایم وەیس فەتاح کەیەك لە دوای یەك خەڵکی گوندەکانی مەرویو دەمرکانو موسەکن. پێشمەرگەکانی تری مەفرەزەکە توانییان ئابڵوقەکە بشکێنن و دەرباز بن.

## کانی توو (خولی رۆشنبیری)

خولی کادیرانی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەگوندی کانی تووی ناوچەی مەرگە. ئەم خولە لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٤دا دەستی پێکردو لە ٢٥ی کانونی یەکەمدا کۆتایی هات. لایەنی رێکخەری خولەکە، دەزگای ناوەندیی رۆشنبیری بوو کە لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە بڕیاری دامەزراندنی درابوو. بارەگای دەزگاکە لەگوندی کانی توو بوو. هەر بە هۆی ئەمەشەوە خولەکە لەوێ بەڕێوە چوو.

ژمارەی کادیرە بەشداربووەکانی خولەکە دەوروبەری ٤٠ کادیر دەبوو کە هەموویان ئەندامی کەرتەکانی رێکخستن بون. لەم خولەدا ٦٩ محازەرە وترایەوەو رۆژانە ماوەی خوێندن ٤,٣٠ سەعات بوو کە تێیدا ٣ محازەرە پێشکەش دەکرا. بەشێکی رۆژانی خولەکە پشوو بوو یان بۆ نوسینی راپۆرتو جێبەجێ کردنی هەندێ ئەرکی خولەکە تەرخان کرابوو.

بابەتەکانی خولەکە ئەو بابەتانە بون کە کادیرەکان لە هەڵسوڕانیاندا سودیان لێ وەردەگرت و بەشێکیشی تایبەت بون بە قوڵکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی. بابەتەکان بریتی بون لە تاوتوێ کردنی ژیانی رێکخراوەییو بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە، فەلسەفە، بنەماکانی مارکسیزم، رێکخراوە دیموکراتییەکان، ئابوریی سیاسی، بزوتنەوەی سەندیکالیستی، رژێمە سیاسییەکان، مێژوی سیاسیی کورد، رەوتە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهان، کاروباری ئینتەرناسیۆنالیزم، ئەرکەکانی کادیر، بزوتنەوەی خوێندکاران و هەندێ بابەتی رۆژ وەك شەڕی ناوخۆو وتوویژ لەگەڵ رژێمی عیراق.

وانەبێژەکانی خولەکە بریتی بون لە سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، ئازاد هەورامی، خەسرەو خاڵ، جەمال عەبدوڵڵا رۆستەم، رێکەوت عوسمان، محەمەد تۆفیق رەحیم، کەریم هەڵەبجەیی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، پشکۆ نەجمەددین و سیامەند مامیر شاسواری. لە کۆتایی

خولدا، تاقیکردنەوە بۆ بەشداربووەکان کرا. ئەم خولە یەکەم خولە دەزگـای ناوەندیی رۆشنبیری رێکی بخا. دوای تەواوبونی خولی یەکەم بە دوو هەفتە، خولی دووەم لە ١٠ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ دەستی پێ کرد. پاش تەواوبونی خولی دووەم، دەزگای ناوەندیی رۆشنبیری لەبەر دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رژێمی عیراق لە ناوەڕاستی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥و گواستنەوەی بارەگای دەزگاکە بۆ دۆڵی جافەتی لەهاوینی ئەو ساڵەدا. ئەو دەرفـەتـەی بۆ نەرەخسا کەخولی دیکە بۆ کادیرەکان بکاتەوە.

ئەم خولە درێژەپێدانی زنجیرەیەك خولی سیاسیو رۆشنبیری بـوو کە لە ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٨١ لە ناوزەنگ بەڕێوە چوو بـوون بـەڵام ئاستی ئەمانەی دوایـیو ئاستی رۆشنبیریی کـادیـرە بەشداربووەکان لەوانەی ساڵانی ١٩٧٩و١٩٨١ بەرزتر بوو.

## کانی خان (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق لەگوندی کانی خان لە پێنجوێن لە ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٧٧. لـەم شـەڕەدا کە شەش سەعاتی خایاند، دوژمـن ٣٩ سەربازی لێ کوژرا و بریندار بـوو. لە هێزی پێشمەرگەش، پێشمەرگە محەمەد حەسەن (خەڵکی دەربەندیخان) شەهید بوو.

## کـانـی خـان (چـالاکـیـی هـێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی تیپی ٢٣ی سورداشە لە ٢١ی ئازاری ساڵی ١٩٨٣ لە نزیك گوندی کانی خان لەسەر رێگای سلێمانی ـ دوکان کە تێیدا تەقە لە دوو ئوتومبیلی عەسکەری کـرا. هێزی پێشمەرگە لەسەر رێگای سلێمانی ـ دوکان بۆسەی دانابوو. تیپی ٢٣ی سورداش، لەبەر دوو هۆ زۆر مەبەستی بوو لەو کاتەدا دەست لەهێزەکانی عیراق بوەشێنێ، یەکێکیان لەبەر ئەوەی کە تازە تیپەکە دامەزرابوو و محەمەد غەریب عەبدوڵڵا ناسراو بە ئازادی سەگرمە ببوو بە فەرماندەی تیپەکە، بۆیە ئەم چالاکییە دەبوو بە یەکەم چالاکیی تیپەکەو هۆکەی تر ئەوە بوو کە ڕۆژی دیاریکراوی ئەنجامدانی چالاکییەکە رۆژی جەژنی نەوروز بوو.

دامودەزگاکانی حکومەتی عیراق لە پارێزگای سلێمانی بەبۆنەی جەژنی نـەورۆزەوە لە بەرنامەیاندا بـوو کە ئاهەنگ لـە قەشقۆڵی بگێڕنو لـەم رووەوە چەند کاربەدەستێکی حکومەتیو حزبییان لە هەولێر و کەرکوکەوە بۆ قەشقۆڵی بانگهێشت کردبوو.

پاش تاوتوێکردنی مەسەلەکە لە نێوان محەمەد غەریب عەبدوڵڵا فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش و مستەفا سەید قادر فەرماندەی کەرتی تیپ و سوارە فەتاح فەرماندەی کەرتی چوار، بڕیار درا شوێنێک لەسەر رێگای سلێمانی - دوکـان، لە نێوان هەردوو گوندی کانی خان و قەمچوغە بۆسەی لێ دابنرێ.

سەعات ١٠ی بەیانی، ئوتومبیلێکی لاندرۆڤەرو جێبێك کەوتنە بۆسەکەوە. پێشمەرگەکان بەکلاشنکۆف و ئاربیجی گوللەبارانیان کردن، لە ئەنجامدا دوو ئەفسەرو ٤ سەرباز کوژرانو ٢ سەربازی تر بریندار بون.

هێزەکانی عیراق بە هیچ شێوەیەك پێشبینیی ئەوەیان نەدەکرد پێشمەرگە لەو شوێنە بۆسە دابنێ چونکە شوێنەکە کەوتبووە نێوان دوو سەربازگە گەورەکەی دوکانو کانی خانو ژمارەیەکی زۆری رەبیەش دەیڕوانییە سەر رێگاکە.

هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو و پاش تـەواو کـردنـی ئـەرکـەکـە دەسـتـبـەجێ کـشـایـەوە بۆ گوندی قەمچوغە. چالاکییەکە بە سەرپەرشتیی

محەمەد غەریب عەبدوڵڵا بەڕێوە چوو، ئەنجامدەرانی چالاکییەکەش دەستەی تایبەتی سەرتیپ و بەشێکی کەرتی ٤ بوو.

## کانی سپیلکە (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵانە لە ساڵی ١٩٨٥دا کە ١١ شەهیدی لێ کەوتۆتەوە. پاش سێ مانگ دابڕان لە ناوچەکانی گەرمیان و خاڵخاڵان، بە هۆی بەشداری کردن لە شەڕەکانی کێوەڕەش و دۆڵەڕەقە و دۆڵی ئاکۆیان و شەڕەکانی بەرگری کردن لە سنوری مەڵبەندی سێ، پێشمەرگەکانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان گەڕانەوە بۆ سنوری چالاکیی خۆیان.

شەوی ١٤ لەسەر ١٥ی ئەیلولی ١٩٨٥ بەپێی پلانێك کە دواتر دەرکەوت زۆر کەموکوڕیی تێدایە، سەرجەم کەرتەکانی تیپەکە هەڵیانکوتایە سەر دوو ڕەبیەکەی گوندی کانی سپیلکەی سەر ڕێگای گشتیی ئاغجەلەر . تەکیە. بە هۆی تەقینەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەو مینانەی کە لە دەوروبەری هەردوو ڕەبیەکە چێنرابون، هێرشەکە ئامانجەکانی نەپێکاو ١١ پێشمەرگە شەهید و ٢٣ پێشمەرگەی تر بریندار بون. هۆی ئەو زیانە گەورەیە پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە زانیارییەکانی بەردەستی تیپەکە دەربارەی ژمارەو جێگەی مینە چینراوەکانی دەوروپشتی ڕەبیەکان ڕاست نەبون.

پێشمەرگە شەهیدەکان: کامەران تەها فەرەج مەحمود، عەلی ئەمین فەتاح عەلی، عەبدوڵڵا محەمەد برایم، یاسین سەلام ساڵح خدر، محێدین ئەحمەد محەمەد، کاوێز حەوێز عومەر، فازڵ عەلی سەعید، ئەمین عەبدولکەریم، عەزیز محەمەد ساڵح، جومعە عەبدولکەریم محەمەد ساڵح و عومەر محەمەد عەبدوڵڵا خدر.

ژیاننامەی شەهیدەکان

- کامەران تەها فەرەج مەحمود

ناسراو بە کامەران بیکەیسی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی گەڕەکی تەپەی شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوك.

ساڵی ١٩٨٤ دوای جیابونەوەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە تیپی ٢١ی کەرکوك، گواستراوەتەوە بۆ تیپە تازەکە.

- عەلی ئەمین فەتاح عەلی

ناسراو بە عەلی حاجی ئەمین کارێزەیی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٥ی گوندی کارێزەی خاڵخاڵانی سەر بە ناحیەی شوان. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٥ لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بۆتە پێشمەرگە.

- عەبدوڵڵا محەمەد برایم

ناسراو بە عەبدوڵڵا قەرەناوی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی قەرەناوی ناوچەی شوان. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بەڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٥ لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بۆتە پێشمەرگە.

- یاسین سەلام ساڵح خدر

لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٧ی گوندی تەقتەقی ناوچەی شوان. لەگوندی گەزەڵان تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٥ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.

- محێدین ئەحمەد محەمەد

ناسراو بە محێدین بێکەس چەمچەماڵی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ی گەڕەکی بێکەسی شاری چەمچەماڵ. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٢ ویستویەتی ببێ بە پێشمەرگە بەڵام بە هۆی کەمیی تەمەنییەوە وەرنەگیراوە. دواتر لە ساڵی ١٩٨٥دا لە تیپی ٢٥ی خاڵخالان بۆتە پێشمەرگە.

- کاوێز حەوێز عومەر

ناسراو بە کاوێز مۆرخوادەیی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی گوندی مۆرخوادەی بناری چیای خاڵخالان لە ناوچەی ئاغجەلەر. ساڵی ١٩٧٧ ماڵیان گواستۆتەوە بۆ کەرکوك و لەوێ نیشتەجێ بون. ساڵی ١٩٨٥ لە تیپی ٢٥ی خاڵخالان بۆتە پێشمەرگە.

- فازڵ عەلی سەعید

ناسراو بە شێرکۆ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی شارۆچکەی شوان. تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٥ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٢٥ی خاڵخالان.

- ئەمین عەبدولکەریم

ناسراو بە ئەمین قەسرۆکی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی قەسرۆکی ناوچەی ئاغجەلەر. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگە لە هێزی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی. ساڵی ١٩٨٣ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوەو لە ساڵی ١٩٨٥دا جارێکی تر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردۆتەوەو بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٢٥ی خاڵخالان.

- عەزیز محەمەد ساڵح

ناسراو بە بارام. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گوندی سۆنەگوڵی دەوروبەری شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ کاری کردووە. ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوك و پاش پێکهێنانی تیپی ٢٥ی خاڵخالان بۆ ئەم تیپە گوازراوەتەوەو کراوەتە ڕابەری سیاسیی کەرتی ٣ی تیپەکە.

- جومعە عەبدولکەریم محەمەد ساڵح

ناسراو بە جومعە ریشە کەرکوکی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك. قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لەوێ تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە کۆمیتەی ئاگر کاری کردووە. ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوك و لە ساڵی ١٩٨٤دا بۆ تیپی ٢٥ی خاڵخالان گواستراوەتەوە.

- عومەر محەمەد عەبدوڵلا خدر

لەدایکبوی ١٩٦٥ی گوندی کانی هەنجیری ناوچەی ئاغجەلەر. بە هۆی هەژارییەوە ژیانی ناسەقامگیر بووەو لە ناوچەکانی ئاغجەلەرو شوانو بازیان ژیانی بردۆتە سەر. ساڵی ١٩٨٥ بۆتە پێشمەرگەی تیپی ٢٥ی خاڵخالان.

## کانی شیلان (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق لە نزیك گوندی کانی شیلان لە چیای ئاسۆس لە دوکان لە ١٨ی نیسانی ١٩٧٧، لە ئاکامدا ١٧ سەرباز کوژران و بریندار بوون.

دوا بە دوای ئەم شەڕە، هێزەکانی سوپا ٢٠ هاووڵاتیی گوندی سەرتەنگیان گرت و بە تۆمەتی هاوکاری کردنی پێشمەرگە دایانن بەدادگا. دادگاش بۆ ماوەی ٥-٢٠ ساڵ حوکمی بەندکردنی بۆ دەرکردن.

## کانی ماسی (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی کانی ماسیی سەر بە قەزای ئامێدیی پارێزگای دهۆك لە ١٤ی ئابی ١٩٨٧ لە لایەن هێزەکانی مەڵبەندی ٤ی بادینانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە فەرماندەیی ئازاد هەورامیو لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرماندەیی دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس.

ئۆپەراسیۆنەکە سەعات ٢٣ دەستی پێکرد. بەپێی نەخشەکە قۆڵی کانی ماسی بۆ هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دانرا و سێ قۆڵی دەرەوەی کانی ماسی بۆ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانـران. هێزەکانی پـارتی پـەلامـاری رەبایەکانی دەوروبـەری کانی ماسییان دا و دەستیان بەسەر هەموویاندا گرت و لەگەڵ گزنگی خۆردا چونە ناو کانی ماسی. لە قۆڵەکانی تردا هێزەکانی یەکێتی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ کرد. لە قۆڵی یەکەمدا راوێـژکـاری فـەوجی بـەرگـریی نیشتمانیی کانی ماسی، سادق عومەر سندی، خۆیو فەوجەکەی بەبێ تەقە خۆیان رادەستی هێزەکانی مەڵبەندی ٤ی بادینان کرد. لەقۆڵی دووەمدا هێزەکانی یەکێتی لە هێزێکی راوێـژکاری فـەوج بایز ئاغا براشییان دا، نزیکەی ١٥٠ جاش و سەربازیان بەدیل گرت، لەوانە راوێژکاری فەوجەکە و لەو سەروبەندەشدا ٢٠٠ پارچە چەكو دەزگایەکی بێسیم و دوو ئۆتۆمبیلیان چنگ کەوت. لە قۆڵی سێیەمدا، هێزەکانی یەکێتی لەسەر جادەی کانی ماسی - راڤینە لە هێزی راوێژکاری فەوج محەمەد نەزیف بەرواریان دا، لە ئەنجامدا خۆیو ژمارەیەکی زۆری جاش کوژران.

راوێـژکـاری فـەوج سـادق عـومـەر سندی پێش دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، پەیوەندیی بە مەڵبەندی ٤ی بادینانەوە کردبوو، ئامادەیی دەربـڕی بـوو لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەدا خۆی بدا بەدەستەوەو بە فەوجەوە پەیوەندی بەو شۆڕشەوە بکا. پەیوەندی کردنی سندی بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە هەندێ کێشەی لە نێوان یەکێتیو پارتی دروست کرد چونکە سندی لە ساڵی ١٩٦٥ەوە پێشمەرگەی پارتی بـوو، بـەڵام ساڵی ١٩٨٦ هەندێ کێشەی لە ناو پارتیدا بۆ دروست ببوو، بۆیە وازی لە پارتی هێنا بوو، خۆی رادەستی حکومەتی عێراق کردبوو و ببوو بە فەرماندەی فەوجێکی بـەرگـریی نیشتمانی. لـە سـەرەتـادا پەیوەندی کردنی سندی بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانییەوە، هەندێ ئاسەواری لەسەر پەیوەندییەکانی یەکێتیو پارتی بەجێ هێشت و لەم رووەوە رادیۆی «دەنگی کوردستانی عیراق» هەواڵی ئۆپەراسیۆنەکەی بەبێ هیچ ئاماژەیەك بۆ بەشداربوونی هێزەکانی یەکێتی بڵاوکردەوەو لە بەرامبەردا رادیۆی «دەنگی گەلی کوردستان» ئۆپەراسیۆنەکەی وەك چالاکییەکی هاوبەش لە نێوان هێزەکانی یەکێتیو «لایەنێکی تر» بڵاو کـردەوە. بـەڵام لە بەرەنجامی کۆتاییدا یەکێتیو پارتی لێنەگەڕان مەسەلەکە ئـاسـەواری خراپ لەسەر پەیوەندییەکان بەجێ بێڵێو توانیان کێشەکە تێپەڕێنن. هێزەکان بۆ مـاوەی پێنج رۆژ لەکانی ماسی مانەوەو پاشان بەجێیان هێشت.

لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکەدا، مەڵبەندی ٤ی بادینان نزیکەی هەشت مانگ بوو دامەزرابوو و ناوچەی بادینان تازە هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی تێدا پەیدا ببوو. بۆیە، ئەو رۆڵە گەورەیەی کە لەو ماوە کەمەدا هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە بادینان نـواندی، مایەی رێـزو پێزانین بـوو. کانی ماسی یەکەم شارۆچکە بوو لە ناوچەی بادیناندا کە هێزی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٧٥ەوە دەستی بەسەردا بگرێ.

## کانی وەتمان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە ساڵی ١٩٨٣ لەگوندی کانی وەتمان. لە ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٨٣ هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە فەوجێکی سەربازگەی خەلەکانو هێزی کۆماندۆی سەربازگەی رانیە پێکهاتبوو، هێرشی کردە سەر گوندی کانی وەتمان کە کەوتۆتە سەر رێگای دوکان ـ رانیە لە دۆڵی خەلەکان. لە کاتی هێرشەکەدا هێزێکی هاوبەشی پێکهاتوو لە کەرتی ٥ و کەرتی تیپی ٩٣ی کۆیەو مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی سەر بە تیپی ٦١ی کۆڕەش لە ناو گوندەکەدا بوون.

هێزەکانی عیراق بەهاوەنی ١٠٦ ملم گوندەکەیان تۆپباران کرد. هێزی پێشمەرگە لەگەڵ دەستپێکردنی تۆپبارانەکەدا، گوندەکەی بەجێ هێشت، لە دەرەوەی گوند بۆ شەڕ دامەزرا و وردە وردە بەرەی شەڕی بەرادەیەك فراوان کرد کە پێشمەرگە وای لێ هات لە چەند قۆڵێکەوە گەمارۆی هێزەکانی سوپا بدا و بەرە بەرە تەنگی پێ هەڵچنێ.

تەسکبونەوەی گەمارۆکە شیرازەی هێزەکانی سوپای شێواندو بووە مایەی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری سەرباز لەوانە ئەفسەرێکی کۆماندۆ بە پلەی نەقیب، هەروەها ئوتومبیلێکی جێب کە هاوەنێکی ١٠٦ ملمی هەڵگرتبوو و دوو ئیڤاش تێک شکێنران.

لەم شەڕەدا هێزەکانی سوپا نەیانتوانی پاشەکشەیەکی رێکوپێك بکەن، ئەمەش لە ژمارەی زۆری ئەو ئوتومبیلانەدا دەردەکەوێ کە لە مەیدانی شەڕ بەجێیان هێشتبوو. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١١ ئوتومبیلی سوپادا گرت کە پێنجیان ئیڤا بونو شەشی جێب بون. هەموو ئەم ئوتومبیلانە بەر لەوەی هێزی پێشمەرگە شوێنەکە بەجێ بێڵێ، سوتێنران.

دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە لەم شەڕەدا ١٤ سندوق فیشەکی دۆشکا و دوو سندوق فیشەکی روسیو ٩ گوللەی ئارپیجیو دەزگایەکی بێسیم و هەندێ کەلوپەلی تر بوو.

## کانی وەتمان (شەڕ)

چالاکیی تیپی ٩٣ی کۆیە لە نزیك گوندی چۆڵکراوی کانی وەتمانی دۆڵی خەلەکان لەسەر رێگای دوکان ـ رانیە. لە ١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٥ مەفرەزەیەکی ١٨ پێشمەرگەیی تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی رەهبەر سەید برایمی فەرماندەی تیپەکە، لە نزیك گوندی کانی وەتمان بۆسەی دانا. سەعات ١٥:٣٠ کاروانێکی دورو درێژی هێزەکانی عیراق کەوتە بۆسەکەوە. پێشمەرگەکان دایانە بەر ئاگری چەکەکانیانو هێرشیان کردە سەر کاروانەکە، چەند ئیڤایەکیان سوتاند، دەستیان بەسەر چەند کلاشنکۆ فێکدا گرتو چەند سەربازێکیشیان بە دیل گرت.

سەربازەکانی تر بڵاوەیان لێ کردو هەر یەکێکیان لەپەنایەك کەوتە بەرگری لەخۆ کردن. لە پێکدادانەکەدا پێشمەرگەیەك بریندار بوو، پێشمەرگەیەکیش بە ناوی کاوە عەبدوڵڵا محەمەد ناسراو بە دکتۆر کاوە شەهید بوو کە هاوڕێکانی بەدەم تەقەوە تەرمەکەیان لە مەیدانی شەڕ گواستەوەو نەیانهێشت بکەوێتە دەست دوژمن.

لەم چالاکییەدا مەفرەزەکە دەستی بەسەر ٢٦ پارچە چەك و دەزگایەکی بێسیمی جۆری راکاڵ و چەند سندوقێك فیشەکدا گرت. شەڕەکە ١٩ ئیڤای تێدا سوتا و هێزەکانی عیراق زیاد لە پەنجا سەربازیان لێ کوژرا. هەرچەند هێزە گەمارۆدراوەکە لە سەربازگەی چوارقوڕنەوە هێز بە فریای چوو، بەڵام ئەمە هیچی

له ئەنجامی شەڕەکە نەگۆڕی، سەرباری ئەوەی کە پێشمەرگە شەش سەربازی بەدیل گرت.

ئەو پێشمەرگانەی لەم چالاکییەدا بەشدار بوون ئەمانەن: ڕەهبەر سەید برایم بەرزنجی فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە، دڵسۆز بەکر فەتحوڵڵا فەرماندەی کەرت، دڵزار کاکەمین فەرماندەی مەفرەزە، کاوە عەبدوڵڵا محەمەد، شەفیق تۆفیق، عومەر ساڵح پیرۆت، بەکر ئەحمەد، حەمە تایەر حەمید، مەلا عوسمانی کانی بی، سەرباز حاجی، خالد عەبدولڕەزاق حەمە سدیق، شۆڕش کاکە فەتحوڵڵا، مەغدید قادر، پشتیوان هەمزە ڕەسوڵ، حەمە هەوڵدێر، قاسم حەمە گچکەل، سەید گوڵ ئەمین داوداوە، هەڵۆ حاجی عەلی ناسراو بە هەڵۆ ڕەش.

ئەم شەڕە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، چونکە بە هۆی شەڕەکەوە ڕێگای هەولێر - سلێمانی لە پاش نیوەڕۆوە تا خۆرئاوابون گیرا و لە ناو کوژراوەکانی هێزەکانی عیراقدا چەند ئەفسەری تکریتی هەبوون.

## کاوە ئەنوەر نادر خدر



پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی ئیلنجاغی گەورە لە ناوچەی کۆیە. بنەماڵەکەی بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر شێخانی داسنی و باپیرە گەورەیان عەلی بەگی داسنییە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا میری ئێزدییەکان بوو.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە چوارچێوەی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی کۆیە هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی خۆی بەڕێوە برد. لە سەرەتای هەشتاکاندا لە ناو خوێندکارانی کۆیەو تەقتەق و زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر ڕێکخستنێکی فراوانی دروست کرد کە دواتر پۆلێکی لێ پێك هێنرا بە ناوی پۆلی کازیوە.

هەڵسوڕان و جموجوڵی خۆی و هاوڕێکانی لەم ماوەیە، وای کرد بخرێنە ژێر چاودێریی دەزگای ئەمنی کۆیەوە. دوای ئەوەی کە چەند هاوڕێیەکی ڕێکخستنی ئاشکرا بوون و گیران، کۆیەی بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لەم سەروبەندەدا وەك کادیرێکی سەر بە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی کۆیە بەردەوام بوو لە سەرپەرشتی کردنی پۆلی کازیوە، سەرباری سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی گوندەکانی ڕۆژئاوای کۆیە.

ساڵی ١٩٨٤ سەرەڕای سەرپەرشتی کردنی پۆلی کازیوەو ڕێکخستنەکانی ڕۆژئاوای کۆیە، لێپرساوەتیی سەرپەرشتی کردنی بەشێکی شانە و پۆلەکانی کەرتی شەهید ئاودێریشی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٦ کرایە ڕابەری سیاسیی کەرتی ٦ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. لە قۆناغی دوای ئەنفالەکاندا، لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ماوەی ١٤ مانگ بەبێ دابڕان لە ڕەتلی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر درێژەی بە هەڵسوڕانی پێشمەرگایەتیی خۆی دا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ کرایە لێپرساوی ڕێکخستنی تیپەکانی ٨٣ی هەورێ و ٦٨ی مامەندەو ٧٣ی قەندیل.

ساڵی ١٩٩١، یەك مانگ پێش هەڵایسانی ڕاپەڕین و لە چوارچێوەی خۆ ئامادەکردن بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری، لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەدا دابەزییە خوارەوەو نامەو پەیامی سەرکردایەتیی گەیاندە شانە

چەکدارەکانی بروسك لە هەولێر. دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کرایە لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی تەقتەق و پاشان کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی تەقتەق. ساڵی ١٩٩٨ دانرا بەکارگێڕ لە فەرماندەییەکانی هێزی پێشمەرگەی سنوری سلێمانی.

ساڵی ٢٠٠٢ خولی فەرماندەیی سەربازیی کۆلیجی قەڵاچوالانی تەواو کردو بۆ ساڵی دواتریش خوێندنی لە کۆلێجی ئێوارانی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسای وەرگرت.

ساڵی ٢٠٠٤ کرایە بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەتی پێشمەرگەو لە پرۆسەی یەکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا کرایە بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە. ساڵی ٢٠٠٩ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی بەدەست هێنا.

دوو مەدالیای رێزلێنانی پێ بەخشراوە، یەکێکیان مەدالیای پارتیزانییە لە ساڵی ١٩٩٢ و ئەوی تر مەدالیای دانەبڕانە لە خەباتی پێشمەرگایەتی لە ساڵی ٢٠٠٧.

## کاوە عەبدوڵڵا محەممەد*



پێشمەرگە و پزیشکی شۆڕش. ناسراو بە دکتۆر کاوە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی شاری کۆیە. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە کۆیە تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧٨، کاتێك خوێندکاری قۆناغی دواناوەندی بووە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی لە پەیمانگای پزیشکیی بەغدا تەواو کردووە. هەر ئەو ساڵە لە دەشتی کۆیە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردووە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا خولیای ئەوە بوو کە ئەرکی نیشتمانیی خۆی وەك پێشمەرگەو ئەرکی پیشەیی خۆی وەك پزیشك بەجێ بهێنێ، بۆیە زۆر سور بوو لەسەر ئەوەی کە زۆرترین خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بە پێشمەرگەو دانیشتوانی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق پێشکەش بکا. ساڵی ١٩٨١ بە یارمەتیی هۆشمەند عەبدولکەریم ناسراو بە دکتۆر شاڵاو یەکەم نەخۆشخانەی لە دۆڵی پڵنگان دانا. ساڵی ١٩٨٣ خۆی بۆ تیپی ٩٣ی کۆیە گواستەوەو هەر هەمان ساڵ نەخۆشخانەیەکی دیکەی بە ناوی نەخۆشخانەی خالید سەعیدەوە لەگوندی کانی کوردە دانا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی چەندین شەڕو چالاکیی کردوە لەوانە شەڕەکانی بۆتێ، قەندیل، دۆڵی هیرانو نازەنین و شیوی ساماڵ. لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ لە چالاکییەکی تیپی ٩٣ی کۆیە لەسەر رێگای سلێمانی - دوکان، لە ئاستی گوندی کانی وەتمان، شەهید بوو. هاوڕێکانی بەدەم تەقەوە تەرمەکەیان لە شوێنی شەڕەکە دەرباز کردو گەیاندییانە کانی کەنێرو لەوێوە بردیان بۆ دەشتی کۆیە.

بابەتی پەیوەندیدار:
* کانی وەتمان (شەڕ).

## کاوه محەمەد



نوسەرو رۆژنامەنوس.
ناوی تەواوی کاوە محەمەد مەولود حەویز.
لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی شاری هەولێر.
خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی هەر لە هەولێر تەواو کردوە.
یەکێك بووە لە بەشداربووەکانی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ی ناوچەکانی کوردستان. ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لەشانەی شەهید ئارام لە هەولێر ڕێك خراوە. ساڵی ١٩٨٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی جیۆلۆجیای کۆلیجی زانستی زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٩١ لە سەروبەندی خۆئامادەکردنی هەمەلایەنە بۆ ڕاپەڕین، لە ریزی شانە چەکدارەکانی بروسك ڕێك خرا و لە ڕاپەڕینو رزگارکردنی شاری هەولێر لە ١١ی ئازاری ١٩٩١، رۆڵی خۆی بینی. دوای کۆڕەو، پەیوەندیی بە کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقلاوەی یەکێتیی نیشتمانییەوە کردو لەوێ وەك کادیری ڕاگەیاندنی کۆمیتە دەستبەکار بوو. لەو ماوەیەدا ژیانی رۆژنامەنوسیی دەست پێدەکا و لەم سەروبەندەدا لەرۆژنامەی «ڕاپەرین»ی مەڵبەندی سێ کاری کرد. لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ دەرچونی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ»، وەك نوسەر لە بەشی سیاسیی رۆژنامەکە دەستبەکار بوو. پاشان بووە ئەندامی دەستەی نوسەران و ماوەیەکیش ئەرکی بەڕێوەبەری نوسینو جێگری سەرنوسەری پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٩ بووە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن. ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی یەکێتیی رۆژنامەنوسانی کوردستان کە لە شاری سلێمانی بەسترا، بە ئەندامی ئەنجومەنی یەکێتییەکە هەڵبژێردرا و دواتر لە لایەن ئەنجومەنەوە بەجێگری نەقیبی یەکێتییەکە هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ ژمارەیەك مامۆستای زانکۆی سلێمانی‌و بە دەستپێشخەریی زانکۆی ئەمریکایی کۆلۆمبیا بەشداریی لە سیمینارێکی تایبەت بە چارەسەر کردنی ململانێکاندا کرد کە لە لوبنان بەڕێوە چوو و دواتر کۆنسۆرتیۆمێکی هاوبەشی لێ پێك هات.

لە مانگی نیسانی ٢٠٠٢ بووە سەرنوسەری «کوردستانی نوێ» و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەو پۆستە مایەوە. لەو ماوەیەدا توانی پەرە بەڕۆژنامەکە بدا و جێیەکی شیاوی لە رۆژنامەوانیی کوردیدا بۆ دابین بکا. لە نیسانی ٢٠٠٩دا دەستلەکارکێشانەوەی لەسەرنوسەریی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» پێشکەش کردو ئەم دەست لەکارکێشانەوەیە لە٢٩ی تەموزدا پەسند کرا.

ساڵی ٢٠١٠ بووە ئەندامی بۆردی ڕێکخراوی میدیای سەربەخۆ (IMCK) کە بایەخ بە پەرەپێدانی کاری میدیایی لە کوردستانو پێگەیاندنی پرۆفیشناڵانەی رۆژنامەنوسان دەدا. لەکانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ بەشداریی لەکۆنفرەنسێکی تایبەت بەپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپاو تورکیا و کورد کرد کە لە لایەن پەرلەمانی ئەوروپاوە لە برۆکسلی پایتەختی بەلژیك ڕێك خرابوو.

ساڵی ٢٠١٣ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا و پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد و لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا.

هەروەها لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرایەوە.
بابەتی پەیوەندیدار:
* کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە).

## کاوە محەمەد ئەمین حسێن



پێشمەرگەی دێرینو کادیرو پەرلەمانتار. ناسراو بە مامۆستا کاوە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی نەبیاوای سەر بە ناحیەی پردێ. لە خانەوادەیەکی جوتیارە. ساڵی ١٩٦٢ لەگوندەکەی خۆی خراوەتە بەر خوێندن. ساڵی ١٩٦٣ دوای ئەوەی میلیشیاکانی حزبی بەعس کە بە گاردی نەتەوەیی ناسراون گوندەکەیان تاڵان کردو پاشان گڕیان تێبەردا، خێزانەکەی بە ناچارییەوە لە لای خزمەکانی لەگوندەکانی کۆمەکرو، کەردز و قوشتەپە ئاوارە بوو. خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەردز تەواو کرد.

ساڵی ١٩٧١ خێزانەکەی لە شاری هەولێر گیرسایەوە. ئەمەش ئەو دەرفەتەی بۆ پێکهێنا کە خوێندنی ناوەندی لەوێ تەواو بکات و پاشان روو بکاتە ئامادەیی کشتوکاڵ.

ساڵی ١٩٧٦ لە ڕێی کاردۆ گەلاڵییەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد. دوای جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو یەکگرتنەوەی لەگەڵ لیژنەی ئامادەکردنی باڵی دکتۆر مەحمود عوسمانی پارتی دیموکراتی کوردستانو پێکهێنانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە ناو حزبە تازەکەدا درێژەی بەپابەندبونی خۆی دا.

ساڵی ١٩٨٠ لە فەرمانگەی چاککردنی توتن لە ئەتروش بە کارمەند دامەزرا. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. ساڵی ١٩٨١ بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان. دوای کۆنگرە، وەك کارگێڕی ناوچەی کۆیە لە دۆڵی سماقوڵیو دەوروبەری کۆیە، لە سنوری هەرێمی باواجی کاری پێشمەرگانەو ڕێکخستنی ئەنجام دا. هەمان ساڵ بووە ئەندامی لقو لێپرسراوی ناوچە. ساڵی ١٩٨٤ گوێزرایەوە بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتیی حزب لە دۆڵی خواکورك لە سێگۆشەی سنوری عیراق-ئێران-تورکیا. لەوێ کرایە ئەندامی لیژنەی بەرەی جود لەدەڤەری بادینان.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالی بادینان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە ناوچەی گەڤەر لە کوردستانی باکورو لەوێوە لە سنوری تورکیا- ئێران پەڕییەوەو لەئۆردوگای ئاوارەکانی زێوێ لە ناوچەی ورمێ گیرسایەوە.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بەشداریی لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیستدا کرد کە ساڵی ١٩٩٢ لە شاری ڕانیە بەسترا و بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.


ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی حزبی سۆسیالیستو پەیوەندی کردنی ئەندامەکانی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بە کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر دانرا و لە ساڵی ١٩٩٥دا کرایە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان.

ساڵی ١٩٩٧ بە هەمان پلە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن گوێزرایەوە. ساڵی ٢٠٠٥ لێپرسراوەتیی مەڵبەندی

ڕێکخستنی مەخموری پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٧ کرایە ئەندامی مەکتەبی چاودێریو بەدواداچون. دواتر بە پلەی ئەندامی لیژنەی باڵای مەکتەبی ڕێکخستن گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن.

لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستاندا، لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی (لیستی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیو پارتی دیموکرات) کاندید کرا بەڵام ئەندامەتیی پەرلەمانی بەدەست نەهێنا و خرایە لیستی یەدەکەوە. پاش دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامێکی پەرلەمان، بەپێی ریزبەندیی ناوەکان لە لیستی یەدەك، لە نیسانی ٢٠١١ بووە ئەندامی پەرلەمانو وەك ئەندامی لیژنەی شەهیدان و پێشمەرگە دەستبەکار بوو. ساڵی ٢٠١٣، دوا بە دوای تەواوبونی خولی سێیەمی پەرلەمان، وەك ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن لە مەکتەبەکە دەستبەکار بۆوە.

## کاوە مەخموری*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو جێگری فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی عەبدولکەریم حسێن مستەفا قادر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی مەحسناوای دەشتی قەراج لە قەزای مەخموری سەر بە پارێزگای هەولێر. تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی خوێندووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٦ دەست پێدەکا، کاتێك پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد و هەر ئەو ساڵە، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کردو لە دەشتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. تا ناوەڕاستی ساڵی دواتر لە مەفرەزەکەی قادر مستەفا بوو. لە تەموزی ١٩٧٧ بۆ مەفرەزەکەی شاخەوان عەباس گوێزرایەوەو لەگەڵ گواستنەوەکەیدا وازی لە بزوتنەوەی سۆسیالیست هێنا و پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لەو ماوەیەدا لە سۆنگەی ئەوەوە کە هۆشیاریی چینایەتیی گەشەیەکی زۆری بە خۆیەوە دی بوو، زۆر مەبەستی بوو مەسەلە فیکرییەکان چاکتر تێ بگا و شیکردنەوەیەکی وردتری بۆ ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان هەبێ. ئەمەش هانی داوە زۆرتر خۆی بە خوێندنەوە سەرقاڵ بکا.

لە کانونی یەکەمی ١٩٧٧دا لە گوندی کونە گورگی ناحیەی تەقتەق لە پیلانێکی کوشتن رزگاری بوو کە سێ نۆکەری دەزگا ئەمنییەکان چنی بوویان. لەم پیلانەدا مەخموری بریندار بوو، پێشمەرگەیەکیش بە ناوی جەمال جەلال ناسراو بە شاهۆ شەهید بوو.

ساڵی ١٩٧٨کرا بە فەرماندەی مەفرەزەو لەم پلەیەوە وردە وردە پلەکانی سەروتری بڕی تا لەساڵی ١٩٨٠دا کرایە فەرماندەی کەرتی ١ی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر. پاش پێکهێنانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٨٢، لە سنوری ئەو تیپە وەك فەرماندەی کەرت بەردەوام بوو و دواتر کرایە جێگری فەرماندەی تیپ و هەر بەو پلەیەش بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد.

مەخموری لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر، دەشتی کۆیەو قەرەداغ پێشمەرگایەتیی کردووە. لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەشداریی

کــردووە لــەوانــە شــەڕەکــانــی شــیــوەشــان (١٩٧٨)، میریاسیی خواروو (١٩٧٨)، پۆریچە (١٩٨٣).


ساڵی ١٩٨٣ لـە نـزیـك گـونـدی گـردەسـۆری دەشتی هەولێر مار پێوەی دا و لەوە بە دواوە، باری تەندروستیی تێکچوو، بۆیە ڕەوانـەی لای تیمی پزیشکیی پێشمەرگە کرا لە بالیسان، بەڵام لەوێ گیانی لە دەست دا.

## کرماشان (خولی عەسکەری)

خولی چەکی دژە ئاسمانی لە شاری کرماشان لە ئێران لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٦. ئەم خولە بەپێی ڕێککەوتنێك لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و قەرارگای ڕەمەزانی سوپای پاسداران ڕێك خرا و ئامانجەکەی ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە بوو لەسەر بەکارهێنانی چەکی دژە ئاسمانی.

بەپێی بەرنامەی دانـراو، هەر یەکێ لە چوار مەڵبەندەکە پێنج پێشمەرگەی نارد. لە بارەگاکانی سەرکردایەتیش لە دۆڵی جافەتی پێنج پێشمەرگە بۆ بەشداری کردن لە خولەکە دیاری کران و بەم پێیە، ژمارەی بەشداربوان بە لێپرسراوی خولەکەوە کە ڕەفیق عەبدوڵڵا سەبری بوو، ٢٦ کەس بوو.

لە ٢٤ی ئابدا جێگری سکرتێری گشتی نەوشیروان مستەفا و ئەندامی مەکتەبی سیاسی دکتۆر فوئاد مەعسوم لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری لەگوندی هەڵەدن کۆبونەوەیان بە پێشمەرگەکانی خولەکە کردو ڕێنوێنیی پێویستیان پێ دان. هەر ئەو ڕۆژە، دوای تەواوبونی کۆبونەوەکە، تیمی ڕاسپێردراو لە ڕێگەی دۆڵی سەفرەو زەرونەوە بەرەو سنوری عیراق - ئێران کەوتە ڕێ و لەگوندی ئاشکان پەیوەندیی بە بنکەیەکی




هەماهەنگیی سوپای پاسدارانەوە کردو لەوێوە تیمەکە بۆ کرماشان بەڕێ کرا.

ڕۆژی دواتر، خولەکە لە دۆڵێکی ڕۆژئاوای کرماشان کە پێی دەوتری تەنگە دەستی پێ کرد. وانەکان تیۆریکیو پراکتیکی بون و زۆرتر بۆ ڕاهێنان بون لەسەر بەکارهێنانی سێ جۆر چەکی دژە ئاسمانی کە بریتی بون لە دۆشکای ١٢,٥ ملمو دیمترۆفی چوار لولە (١٤,٥ ملم)و موشەکی سام ٧ یان سترێلا.

خولەکە ٢٥ ڕۆژی خایاند. سەرپەرشتیاری خولەکە ئەفسەرێکی سوپای پاسداران بوو بە ناوی ناسر بۆیاغچی. پاش گەڕانەوەی تیمەکە بۆ کوردستان، گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر بواری چەکی دژە ئاسمانیی هێزی پێشمەرگەدا هات، بەتایبەتی لە دۆڵی جافەتی کە لەو ماوەیەدا زۆر جار فڕۆکە بۆردومانی بارەگاکانی دەکرد. لەسۆنگەی کارایی تۆڕی دژە ئاسمانیی هێزی پێشمەرگەوە، فڕۆکەی دوژمن کارایی جارانی نەما، بەتایبەتی پاش پێکرانی فڕۆکەیەکی سیخۆیو خستنە خوارەوەی لە کاتی بەڕێوەچونی شەڕەکانی قەیوان ـ ماوەت.

ئەندامانی تیمەکە، دوای گەڕانەوەیان بۆ مەڵبەندەکانیان، چەند خولێکیان بۆ پێشمەرگەی تیپەکان کردەوە کە کاریگەریی باشیان لەسەر کاراکردنی چەکی دژە ئاسمانیی هێزی پێشمەرگە هەبوو. هەر لەم چوارچێوەیەدا، پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمە بەچەکی سترێلا هەلیکۆپتەرێکیان پێکا کە لە ئاسماندا گڕی گرت و لە سنوری گوندی زڕگوێز کەوتە خوارەوە.

ناوی بەشێك لە ئەندامانی خولەکە: ڕێبین محەمەد سۆفی، حیکمەت نیعمەت ئەنوەر، دڵزار کۆیی،



ئەحمەد سەید ئەنوەر، شوکروڵڵا ئیلنجاغی، نورەددین گردەسۆری، کەمال شێخە، ڕەفعەت محەمەد یاسین، غەریب عەسکەری، زریان کەرکوکی، نەورۆز حەمە زرگوێزی، دیاری ئەحمەد مەجید، سوهاد داود حەمە رەحیم، سامی عەبدولرەحمان، عەلی قادر و خالید رەزا. خولەکە مایەی گەشەپێدانی توانای هێزی پێشمەرگە بوو..

## کفری (چالاکیی پێشمەرگانەی ناوشار)

شەڕێکە لە ناو شاری کفری کە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ ئەنجامیان داوە. لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٧٨دا پێشمەرگەکان چوونە ناو شاری کفری و زیاتر لە سێ سەعات و نیو لە ناو شار مانەوەو بەچەکی ئار بی جی و کلاشنکۆف هێرشیان کردە سەر بنکەی سەربازگیریی کفری و لەئۆتۆمبیلێکی وازی سوپاشیان دا. لە ئاکامی هەردوو چالاکیدا یەك ئەفسەرو ٢٣ سەرباز کوژران.

ڕۆژانی دواتر، دەزگا ئەمنییەکان و سوپا دەستیان بەشاڵاوێکی ڕەشبگیر کردو زیاتر لە سەد هاووڵاتیی خەڵکی شاریان گرت، هەروەها لە سۆنگەی کەمتەرخەمییەوە هەموو سەربازانی بازگەی کفری و ژمارەیەك کارمەندی ئاسایش و هەواڵگریی سوپاش دەستگیر کران.

ئەمە یەکەم جار بوو لە شۆڕشی نوێدا پێشمەرگە لە ناو شاری کفری چالاکی ئەنجام بدەن.

## کفری - کەلار (شەڕ)

گەورەترین شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عیراق لە قۆناغی ئاگربڕو وتوویژی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٩١.

پاش نیوەڕۆی ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ هێزێکی سوپای عیراق کە لەهەردوو لیوای زرێپۆشی ٨ و ١٢ی سەر بە تیپی سێ پێك هاتبوو، بەپشتیوانیی تۆپو کاتیۆشاو سێ هەلیکۆپتەر، هەڵی کوتایە سەر شاری کفری، لەئەنجامدا پێکدادان لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزە پەلاماردەرەکەدا ڕویدا. جموجوڵەکەی سوپا بەشکاندنی بڕیاری ئاگربڕ دانرا و رەوشێکی گرژ باڵی بەسەر شارەکەدا گرت. هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتییان، لە کفری کشایەوەو لە بەرزاییەکانی دەوروبەری سەرقەڵا دامەزرا.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر هێزەکانی سوپا هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگە لە بەرزاییەکانی دەوروبەری سەرقەڵا. سەرەڕای هەوڵو تەقەللای بەرپرسانی بەرەی کوردستانی بۆ هێورکردنەوەی رەوشەکە، هێزەکانی سوپای عیراق هەر بەردەوام بون لەسەر هێرشەکانیان.

هەر لەو ماوەیەشدا هێزەکانی سوپا کەوتنە تۆپباران کردنی شاری کەلارو دەوروبەری. لەگەڵ بەردەوامبونی پێکدادانەکاندا، لەشکری یەکی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە فەرماندەیی جەبار فەرمان دەستی بە هێرش کردو توانی زیانێکی گەورە بە هەردوو لیوا بگەیەنێ. زۆری نەبرد بازنەی شەڕو پێکدادان کفریو کەلارو مەیدانو دەربەندیخانو عەربەت و تانجەرۆو سلێمانیو بازیانی گرتەوە. هێزەکانی عیراق بەردەوام بون لەسەر تۆپباران کردنی کەلار. جگە لەو تۆپباران کردنەی کەهەردوو لیوا ئەنجامیان دەدا، تۆپخانەکانی مەیدانو سیروانیش کەوتنە تۆپباران کردنی شارەکە.

هۆی پێکدادانەکان زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە سوپا لەوە بێزار ببوو کە هیچ دەسەڵاتێکی لە کوردستاندا نەماوەو پێی وابوو بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی کورد سام و شەوکەتی بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە

کتوپڕ هێرشی کردە سەر کفریو شەڕی نایەوە. وەزیری بەرگری لە بروسکەکانیدا باسی ئەوەی کردبوو کە هاووڵاتییانی کفری دەستیان بەدڕاندنی وێنەکانی سەرۆکی کۆمار کردوەو ئاڵای عیراقیان لەسەر بینا فەرمییەکان داگرتووە، گوایە بە هۆی ئەمەوە سوپا چۆتە ناو کفری بۆ گرتنی ئەو کەسانەی ئەم کارانەیان کردووەو لەوێ روبەڕوی هێزی پێشمەرگە بۆتەوە.

شەڕ باوەنوریشی گرتەوە. هەروەها هێزی پێشمەرگە رێی لە هێزێکی سوپای عیراق گرت کە دەیویست لەهەڵەبجەوە بەرەو کەلار بچێو نەیهێشت ئامانجەکەی بێنێتە دی. شەڕەکان زۆر سەخت بونو هێزەکانی سوپا لەگەرمیان تەنگیان پێ هەڵچنرا، بەجۆرێك کە سەرکردایەتیی سوپا بۆ کەم کردنەوەی گوشار لەسەر هێزەکانی لەگەرمیان، ناچار بوو بەرەی تر بکاتەوە.

لە ٧ی تشرینی یەکەمدا لە کاتێکدا کە دانیشتوانی شاری سلێمانی سەرقاڵی گواستنەوەی تەرمی حەوت کەس بون کە تازە لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزرابونەوە، رەبیەکانی باشوری سلێمانی بە هاوەن هێرشیان کردە سەر گەڕەکەکانی دەوروبەریان. لە ئاکامدا چەند هاووڵاتییەك کوژرانو بریندار بونو زیان بەر ماڵەکان کەوت. لەم سۆنگەیەوە شار خرۆشا و پێشمەرگەو هاووڵاتییان هێرشیان کردە سەر سەربازگەو رەبیەکان. بارێکی گرژ باڵی بەسەر سلێمانیو دەوروبەریدا گرت.

لە ٨ی تشرینی یەکەمدا لە کۆبونەوەیەکدا لە نێوان نوێنەرانی وەزارەتی بەرگریی عیراقو نوێنەرانی کورد، رێککەوتنێك بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە هاتە ئاراوە. ئامادەبووانی کۆبونەوەکە ئەمانە بون: جەبار فەرمان فەرماندەی لەشکری یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایق تۆفیق و سالار حەفید ئەندامانی لیژنەی ناوەندیی هەماهەنگی، جەنرال محەمەد نەجمەددین نەقشبەندی پارێزگاری سلێمانیو سەرۆکی لیژنەی ناوەندیی هەماهەنگیو جەنرال مەحمود فەیزی هەززاع فەرماندەی لەشکری یەکی سوپای عیراقو نوێنەری وەزیری بەرگریی عیراق.

لە رێککەوتنەکەدا جەخت کرایە سەر راگرتنی شەڕ لە سنوری هەردوو لەشکری یەكو دوی سوپای عیراق، کشانەوەی هێزەکانی سوپا لەکفریو گەڕانەوەی هێزەکانی سوپا بۆ ئەو شوێنانەی کە پێش شەڕەکە لێی بون. هەروەها رێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە ئەو ئەفسەرو سەربازانەی کە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە دیل گرتبونی، لە رێی لیژنەی ناوەندیی هەماهەنگییەوە ئازاد بکرێن بەو مەرجەی کەژمارەیەك ئەفسەری دیل لە لای هێزی پێشمەرگە بمێننەوە تا ئەو کاتەی گیراوە سیاسییەکانی خانەقین و کەرکوك و سلێمانیو چەمچەماڵو کفریو ناوچەکانی تر ئازاد دەکرێن، سەرباری گەڕاندنەوەی ئۆتومبیل و چەکەکانی سوپا.

قەڵەمڕەوی شەڕەکە زۆر فراوان بوو، ناوچەیەکی بەربلاو لە کفرییەوە تا سلێمانی بەدرێژایی سێ رۆژ مەیدانی شەڕێکی دژوار بوو. وەزارەتی بەرگریی عیراق پێشبینیی نەکردبوو سوپای عیراق شەڕەکە بدۆڕێنێو لە بنەڕەتدا دەیویست پەیامێك بەکورد بگەیەنێ کە سوپای عیراق سەرەڕای شکستە گەورەکەی لە کوێت، هێشتا لە توانایيدایە کۆنترۆڵی کورد بکاتو دەسەڵاتی بەسەر قەڵەمڕەوێکی فراوانی کوردستاندا بشکێ.

لە ڕوی سیاسییەوە، بەغدا مەبەستێکی سیاسیی لە نانەوەی گێچەڵ هەبوو. لەو کاتەدا تەگەرەیەکی زۆر هاتبووە بەر رێی وتووێژ و بەغدا دەیویست رێککەوتننامەیەك بە دڵخوازی خۆی بەسەر بەرەی کوردستانیدا بسەپێنێ، بەتایبەتی کە هەندێ لایەنی ناو بەرە، ئامادەییان تێدا بوو بەهەر نرخێك بێ بگەن بەرێککەوتن لەگەڵ بەغدا، لە کاتێکدا یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان لە مەسەلەی گەیشتن بە ڕێککەوتن بەهەڵپە نەبوو و ئامادە نەبوو بە هەر نرخێك بێ لەگەڵ بەغدا ڕێك بکەوێ. بەغدا دەیویست لە ڕێی شەڕفرۆشتنەکانی سوپاوە ئەو پەیامە بەگوێی بەرهەڵستکارانی ڕێککەوتنندا بدا کە جگە لە ڕێککەوتن و پەسندکردنی مەرجەکان، هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر نیەو هەر لایەنێك دژی ڕێککەوتنەکە بێ، سوپای عیراق دەتوانێ وێرانی بکات.

بەڵام ئەنجامی شەڕەکە بە تەواوەتی بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی بەغداوە بوو. هێزەکانی عیراق ٥٦ تانكو زرێپۆشو دەیان ئوتومبیلیان لێ تێك شکێنرا و ١٣٠٠ سەربازو ئەفسەریان لێ کوژرا، سەرباری ئەوەی کەهێزی پێشمەرگە ١٥ هەزار سەربازو ئەفسەری بەدیل گرت. شەڕەکە ئەوەی بۆ بەغدا رون کردەوە کەسوپای عیراق توانای کۆنترۆڵ کردنەوەی کوردستانی نیە. لەم سۆنگەیەوە شەڕەکە رۆڵێکی گەورەی لەگەڵاڵە کردنی ئەو بیرۆکەیەدا هەبوو کە دواتر بەغدا هانای بۆ برد، ئەویش بیرۆکەی کشانەوەیە لە کوردستان، بەو مەبەستەی کە بۆشاییەکی ئەمنیو سیاسی لە کوردستان پەیدا ببێو لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی کوردستان بکەوێتە ئەستۆی بەرەی کوردستانییەوە.

ئەو توندوتیژییەی کە هێزەکانی سوپای عیراق بەرامبەر بەمەدەنییەکان نواندییان، کاردانەوەی توندی لێ کەوتەوەو بوە مایەی کوشتنی هەندێ سەربازی دیل. لە٧ی تشرینی یەکەمدا پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی رۆیتەر راپۆرتێکی لەم رووەوە بڵاوکردەوەو تێیدا باسی ئەوەی کرد کە شەست سەربازی عیراقی بە دیلی کوژراون. بەرەی کوردستانی لە رونکردنەوەیەکدا رایگەیاند کە «هیچ سەربازێکی دیل لە لایەن هێزی پێشمەرگەو لایەنەکانی بەرەی کوردستانییەوە نەکوژراوە» بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هاووڵاتییان تۆڵەی خۆیان لەو سەربازانە کردۆتەوە کە شوێنە مەدەنییەکانی سلێمانییان بۆردومان کردوەو بونەتە مایەی کوژراوو برینداربونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سیڤیل.

بەپێی ئاماژە نافەرمییەکان کە لە رۆژنامەی «پەیامی نوێ»ی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی بڵاوکراونەتەوە، هێزی پێشمەرگەو هاووڵاتییان ٧٠ شەهیدیان لێ کەوت، سەرباری ٨٧٨ بریندار کە زۆربەیان ژنو منداڵ بون. لە سلێمانیو کفریش هاووڵاتییان توشی زیانی ماددیی گەورە هاتن، سەرباری ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی کفری و کەلار بە هۆی تۆپبارانەوە ئاوارە بون.

## کنێر عەبدوڵڵا



نوسەرو رۆژنامەنوسو هەڵسوڕاوی بواری فیمینیزم. ناوی تەواوی کنێر عەبدوڵڵا حەمە عەزیز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٠ی شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی لە کەرکوك تەواو کردووەو ناوەندیو ئامادەیی لە سلێمانی. ساڵی ١٩٩١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبی لە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە.

لە ساڵی ١٩٩١بەدواوە لە یەکێتی ژنانی کوردستان کاری کردووە. هەر لەو ماوەیەشدا بە مامۆستا لە چەمچەماڵو شۆڕش دامەزراوە. کارکردنی لە یەکێتیی ژنان ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند کە لە بواری کاری فیمینیستیدا کار بکا. یەکەم کاری فیمینیستیی لە بواری راگەیاندندا بوو، کاتێك لە ساڵی ١٩٩٢ بووە پێشکەشکاری بەرنامەی «تەوار» لە تەلەفزیۆنی

گەلی کوردستان لە سلێمانی. ساڵی ١٩٩٦ کاری ماملۆستایی بۆ سلێمانی گوێزرایەوە.

لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی ژنان لە ساڵی ١٩٩٩ بە ئەندامی یەدەکی سکرتاریەتی یەکێتیی ژنان هەڵبژێردرا و ساڵی ٢٠٠٢ پلەکەی بۆ ئەندامی سکرتاریەت بەرزکرایەوە.

ساڵی ٢٠٠١ لە رۆژنامەی «ژیانەوە» کاری کردو لێپرسراوەتیی لاپەڕەی تەندروستیی گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە کەوتە نوسین بۆ رۆژنامەکانی ترو زۆربەی نوسینەکانی بۆ کاروباری ژنانو بانگەشەکردن بۆ یەکسانیی ژنو پیاو تەرخان کردبوو.

ساڵی ٢٠٠٣ وەك ئەندامی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ریفراندۆم کاری کردو لە چوارچێوەی بزوتنەوەکەدا لێپرسراوەتیی بەشی راگەیاندنی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٥ لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا. لە ئەنجومەنی پارێزگادا لێپرسراوەتیی لیژنەی ژنانی گرتە ئەستۆو لە هەمان کاتدا جێگری لێپرسراوی لیژنەی گەنجانیش بوو.

ساڵی ٢٠٠٧ بە ڕاوێژکاری لیژنەی ژنانی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان دانرا. لە ساڵی ٢٠١٠دا بە شێوەیەکی خۆبەخش لێپرساوەتیی سەرنوسەریی گۆڤاری «تەوار»ی یەکێتیی ژنانی گرتە ئەستۆو هەر لەو ساڵەشدا سەرپەرشتیی دەرکردنی کتێبی «ژن و سەرکردە»ی کرد کە یەکێ لە پرۆژەکانی پەیمانگای نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤی زانکۆی دیپۆلی ئەمریکاییە.

لەم چوارچێوەیەدا وەك هەڵسوڕاوێکی فیمینیستی دەرکەوتو توانی رایەڵەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رێکخراوە فیمینیستییە جیهانییەکاندا پەرە پێ بدا و لەم روەوە چەند توێژینەوەیەکی گرنگی لە بواری ژناندا لە کۆنفرەنسە نێودەوڵەتییەکانی سویدو نەرویژدا پێشکەش کردووە.

ساڵی ٢٠١١، سەرباری کارکردنی وەك سەرنوسەری گۆڤاری «تەوار»، لە زانکۆی کۆمار بۆ زانستو تەکنەلۆژیا لێپرساوەتیی بەڕێوەبەری کاروباری گشتیی زانکۆکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١٤ تاکە ژنی کورد بوو کە بەشداری لە بەرنامە جیهانییەکەی IVLDای ژنی سەرکردەدا بکات.

دیارترین بەرهەمەکانی: «پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا» (٢٠٠٦)، «دەستدرێژیی سێکسی دژ بە ژنان» (٢٠٠٨).

## کۆتەڵی مالومە (چالاکیی پارتیزانی)

چالاکییەکی پارتیزانەکانی سورداشە بە فەرماندەیی غەریب هەڵەدنی، لە کۆتەڵی مالومەی دۆڵی جافەتی لە ٣ی ئایاری ساڵی ١٩٩٠ کە تێیدا دوو مین لە ژێر شۆفلێکی سوپای عیراقو جێبێکدا تەقینەوە.

هەردوو مینەکە شەو لە نزیك سەربازگەی کۆتەڵی مالومە نرانەوە. پاشان رەتلەکە کشایەوە بۆ چیای ئاسنگەران. بەیانییەکەی، هێزەکانی عیراق کەوتنە کێماڵ کردنی ناوچەکانی گەورەدێو ژیلوانی دۆڵی شێخ محەمەد لە دۆڵی جافەتی. شۆفلەکان سەرقاڵی چاککردنی رێگای دۆڵی شێخ محەمەد بون بۆ فەراهەم کردنی هەلومەرجێکی باشتر بۆ گەڕان بەدوای پارتیزانەکاندا.

سەعات ١١:٢٥ مینێك لە ژێر شۆفلێکدا تەقییەوەو وێرانی کرد. لە ئاکامدا دوو سەربازی سەرنشینی شۆفلەکە کوژران کە لاشەکانیان برایە سەربازگەی گوێزیلە. سەعات ١١:٤٥ مینی دووەم

لە ژێر جێبێکی فەرماندەییدا تەقییەوەو هەموو سەرنشینەکانی کوژراناو بریندار بون.

دوای تەقینەوەی مینی دووەم، کارکردن لەڕێگاکە راگیرا. پاش سێ ڕۆژ ڕێکخستنە نهێنییەکانی پیرەمەگرون لە نامەیەکدا بۆ ڕەتلی سورداش زیانەکانی دوژمنیان لە ئاکامی تەقینەوەی هەردوو میندا رون کردەوە کە بەمجۆرە بوو: کوژرانی سێ ئەفسەرو شەش سەربازو برینداربونی شەش سەربازی تر.

ئەو مەفرەزەیەی ڕەتلی پارتیزانەکانی سورداش کە ئەم چالاکییەی ئەنجام داوە، لە ١٠ پێشمەرگە بە فەرماندەیی عوسمان گێچینەیی پێکهاتبوو. ناوی هەندێ لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە: تەها عەبدولڕەحمان، توانا سور، ئاسۆ سورداشی، سەرداری حاجی کوێخا و نامیق مام دێوانە.

## کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق

هاوپەیمانییەکی سیاسییە لە سەرەتای حەفتاکاندا لە سوریا لە لایەنە ناسیۆنالیست و چەپەکانی عیراق پێك هاتوەو ئامانجەکەی روخاندنی رژێمی بەکر- سەددام و هێنانە دیی دیموکراسی بووە. لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەم بەرەیە بریتی بوون لە باڵی سەر بە سوریای حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد عەززاوی، بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب بە سەرۆکایەتیی عەبدولئیلاه نەسراوی، سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم عەللاوی، پارتی سۆسیالیست بە سەرۆکایەتیی ڕەشید موحسین و کۆنگرەی ناسیۆنالیستانی عەرەب بە سەرۆکایەتیی ئەیاد سەعید سابت.

هەرچەند کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ بزوتنەوەی کورددا نەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥دا دژی ڕێککەوتننامەی جەزایری نێوان عیراق و ئێران وەستایەوەو ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری کردنی کورد بۆ شکست پێ هێنانی ڕێککەوتننامەکە دەربڕی. هەروەها لیبییەکان بەڵێنیان دا ئەگەر کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق پشتیوانی لە کورد بکات، ئەوانیش پشتیوانیی لێ دەکەن و کار بۆ پوچەڵ کردنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزایر دەکەن. بەڵام ڕەوتی ڕوداوەکان وا کەوتەوە کە بارزانی بڕیاری پاکتاوکردنی شۆڕشی داو لە ئەنجامدا هەردوو دەستپێشخەرییەکەی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و لیبیا بەفیڕۆ دران. دەکرێ ئەم هەڵوێستە بە سەرەتای ستراتیجێکی تازەی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە عیراق دابندرێ.

دوای ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا دامەزراو سوریا بوو بە ناوەندی چالاکیی سیاسیی دەستەی دامەزرێنەرو مەڵبەندی خۆسازدان بۆ ناردنەوەی یەکەی چەکدارو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، مەسەلەی رونکردنەوەی هەڵوێستی یەکێتی لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق هاتە پێش. کۆڕبەندی نیشتمانی لە یاداشتێکی فەرمیدا بۆ یەکێتی، داوای دایەلۆگی کرد بۆ یەکخستنی هەڵوێستەکان.

تا پێش دەستپێکردنی دایەلۆگ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانی و کۆڕبەندی نیشتمانی، لە ناو ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر بۆچوونێکی یەکگرتوو سەبارەت بە بوونی یەکێتی بە ئەندام لە کۆڕبەندی نیشتمانی نەبوو. لە کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەردا لە دیمەشق، نەوشیروان مستەفا و عادل موراد رایان وابوو یەکێتی خۆی بە هیچ هاوپەیمانییەکەوە نەبەستێتەوەو ئازادیی بڕیاری سیاسیی خۆی بپارێزێ. دواتر دەستەی دامەزرێنەر بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا

دەست بە دایەلۆگ لەگەڵ کۆڕبەندی نیشتمانی بکا و ئەگەر مەسەلەکە هاتە سەر ئەوەی کە یەکێتی ببێ بە ئەندام تێیدا، دەبێ گۆڕینی پرۆگرامی کۆڕبەندی نیشتمانی و گەرەنتیی دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، بکا بە مەرج.

لە ٥ی ئابی ١٩٧٥دا دەستەی دامەزرێنەر وەڵامی یاداشتەکەی کۆڕبەندی نیشتمانیی دایەوەو رەزامەندیی لەسەر دەستپێکردنی دایەلۆگ نیشان دا. دایەلۆگ تا شوباتی ١٩٧٦ درێژەی کێشا و لەو دایەلۆگەدا یەکێتیی نیشتمانی چەند مەسەلەیەکی گرنگی بە کۆڕبەندی نیشتمانی سەلماند لەوانە هەمواركردنی پرۆگرامی کۆڕبەندی نیشتمانی بە چەشنێك کە باشترو روونتر گوزارشت لە سەلماندنی مافەکانی کورد بکات، هەروەها کۆڕبەندی نیشتمانی سەرباری پشتگیری کردنی هەوڵەکانی یەکێتی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان و دەستەبەرکردنی پێداویستییە لۆجستیکییەکانی پێکهێنانی یەکە چەکدارەکان و ناردنیان بۆ کوردستان، بەڵێنی ئەوەشی دا کە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، لایەنە پێکهێنەرەکانی تر هان دەدا بەرنامە بۆ کاراکردنی چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە ناوەڕاست و باشووری عیراق دابنێن.

لە بەرامبەردا، یەکێتی بەوە پابەند بوو کە لە سیاسەتی راگەیەندراویدا شۆڕشی کوردستان وەك بەشێك لە شۆڕشی عیراق بناسێنێ، لە ژێر ئاڵای کۆڕبەندی نیشتمانیدا شۆڕش بکا و روخاندنی رژێمی عیراق بکا بە ئامانجی سەرەکیی خۆی.

بوونی یەکێتی بەئەندام لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند کە بتوانێ هەموو پێداویستییە لۆجستیکییەکانی ناردنی یەکەی چەکدار لە سوریاوە بۆ کوردستان دابین بکات، بەتایبەتی کە کۆڕبەندی نیشتمانی لە توانا زۆرو زەوەندەکانی دەوڵەتی سوریا سودمەند بوو. لە ١١ی شوباتی ١٩٧٦دا هەر یەك لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق لە دوو بەیاننامەی جیادا هەواڵی ئەندامێتیی یەکێتییان لە کۆڕبەندی نیشتمانی راگەیاند.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاکە لایەنی کوردی بوو لە ناو کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق. بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو خەیاڵە بە مێشکیدا هات کە ببێ بە ئەندام لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و لە ٢٤ی کانونی یەکەمدا شاندێکی پارتی کە لە مەسعود بارزانی، عارف تەیفور و وریا سەعاتچی پێك هاتبوو، سەردانی دیمەشقی کرد و بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەی بە ئەندام وەرگرتنی پارتی، لەگەڵ نوێنەرانی کۆڕبەندی نیشتمانی کۆبۆوە.

سەرکردایەتیی کۆڕبەندی نیشتمانی دوودڵ بوو لە بە ئەندام وەرگرتنی پارتی، ئەویش لەبەر ئەوەی پارتی تا ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ رژێمی شای ئێران و ئەمریکاو ئیسرائیلدا هەبوو، سەرباری ئەوەی کە گومان هەبوو کە پارتی پاش ساڵی ١٩٧٥یش هەر بەردەوام بووە لەسەر ئەو پەیوەندییە. پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا لە جیهانی عەرەب و لە ناو هێزە چەپ و شۆڕشگێڕەکاندا ناوی زڕا بوو، زۆر مەبەستی بوو بە ئەندام لە کۆڕبەندی نیشتمانی وەربگیرێ چونکە ئەو ئەندامێتییە بۆ ئەو وەك بەڵگەی ئەستۆ پاکی وابوو.

لە دیکۆمێنتێکی فەرمیدا کە کۆڕبەندی نیشتمانی لەم بارەیەوە دەری کردووە، چەند مەرجێك بۆ بەئەندام وەرگرتنی پارتی دانراوەو پارتیش لەو

مەرجانە ئاگادار کراوەتەوە. دیکۆمێنتەکە بەم جۆرە گوزارشتی لە مەرجی یەکەم کردووە کە یەکێ لە پێداویستییەکانی هێنانە کایەی «پەیوەندییەکی تەندروست» لە نێوان کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرزەنشت کردنی پەیوەندییەکانی لەمەوبەرە، واتە پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی کوردو هەر یەك لە ڕژێمی شای ئێران و ئەمریکاو ئیسرائیل، ئەویش لەو روانگەیەوە کە ئەم پەیوەندییە «یەکێ لە هۆیە بنچینەییەکانی نسکۆی شۆڕشی کورد بووە» لە ساڵی ١٩٧٥. مەرجی دووەم کە کۆڕبەندی نیشتمانی دایناپوو، کارکردن بوو بۆ بەعیراقی کردنی شۆڕش و مەرجی سێیەم پەسندکردنی پرنسیپی هاوکاری کردنی هەموو لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتمانی و چارەسەرکردنی کێشەکانە بە گیانی هاوکاری و لە ڕێی دایەلۆگی دۆستانەوە، بەتایبەتی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەروەها کۆڕبەندی نیشتمانی لە کۆبونەوەکەدا داوای لە پارتی کردبوو لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتن و گرتنی کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەکانی سەر سنوری عیراق-تورکیا پێك بهێنێ، پێشنیازیشی کردبوو پارتی نامیلکەیەك بۆ شەرمەزارکردنی پەیوەندیی پێشووی لەگەڵ رژێمی شای ئێران و ئەمریکاو ئیسرائیل دەر بکات و بەڵێنیش بدات کە ئەو پەیوەندییە دوبارە ناکاتەوە. دیارە کۆڕبەندی نیشتمانی زۆر لەوە دڵنیا نەبووە کە پارتی نامیلکە دەردەکاو لەو نامیلکەیە رەخنە لە پەیوەندییە دێرینەکانی لەگەڵ رژێمی شای ئێران و ئەمریکاو ئیسرائیل دەگرێ، بۆیە لە کۆتاییدا داواکەی دابەزاندە ئەو ئاستەی کە ئەگەر پارتی نامیلکەی داواکراویش دەرناکا، با بەیاننامەیەکی تێروتەسەل لەم بارەیەوە بڵاو بکاتەوە، بەڵام پارتی نەچوە ژێر باری ئەم داوایەو تەنانەت بەیاننامەیەکیشی لەم رووەوە دەرنەکرد. لەم سۆنگەیەوە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق مەسەلەی وەرگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستانی پشت گوێ خست.

لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە، هەندێ لە لایەنە پێکهێنەرەکانی کۆڕبەندی نیشتمانی، بارەگایان لە خرِی ناوزەنگ دانا، وتاریان لە بەشی عەرەبیی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان (دەنگی شۆڕشی عیراقی ئەوسا) پەخش کردو هەندێ لە ئەندامەکانیان لەگەڵ مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگە چوونە خوارەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر رووداوەکانی ناو کوردستان نەبوو. وەك بەرەیەکی سیاسی، کۆڕبەندی نیشتمانی تا ساڵی ١٩٨٠ هەر بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٨٠ زۆربەی ئەندامەکانی کۆڕبەندی نیشتمانی بەشدار بوون لە دامەزراندنی بەرەیەکی فراونتر بە ناوی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتیی دیموکرات ناسراو بە جەوقەد کە هەمان ئامانجەکانی کۆڕبەندی نیشتمانیی هەبوو.

## پاشکۆی ژمارە ١

## بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی بونی بە ئەندام لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کورد

کۆمەڵانی خەڵکی سەربەرزی عیراق

دەسەڵاتی فاشستی خۆسەپێنی عیراق بەردەوامە لەسەر شوێنپێ هەڵگرتنی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی وابەستەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، ئەویش پاش ئەوەی کە بەرژەوەندییە ئابورییەکانی وڵاتی بە بازاڕی

ئیمپریالیزمی جیهان و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانەوە گـرێـدا و لـە چـوارچـێـوەی سـاتـوسـەودایـەکـی خۆفرۆشانەدا لەگەڵ کۆنەپەرستانی ئێران، دەستی لە بەشێکی خاك و ئاوی نیشتمان هەڵگرت و رازی بوو بە چارەسەری ئەمریکییانەی تەنگوچەڵەمەکانی کەنداوی عـەرەب و کەیسەکانی ئەمڕۆی عیراق، لەوانە مەسەلەی کورد. ئەم دەسەڵاتە عیراقی بەو هەموو توانا مرۆیی و سوپایی و ئابورییە زەبەلاحەوە، لـە شـەڕە چارەنـوسـسازەکـەی نـەتـەوەی عـەرەب لە دژی دەستدرێژیی زایۆنیستی- ئیمپریالیستی دور خستۆتەوەو هانای بردۆتە بەر تۆقاندنی فاشیستییانە بە مەبەستی سەرکوت کردنی جوڵانەوەی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازانەی عیراق، ئەمەش لەپێناوی مانەوە لە دەسەڵاتدا. لەم سەروبەندەدا شاڵاوەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ و دەستگیر کردنی هـەزاران هاووڵاتی لە زیندانە تۆقینەرەکاندا هەر بەردەوامن، سەرباری هانا بردن بە خشکەیی بۆ شەڕی لەناوبردنی گەلی کورد.

ئـەم رژێـمـە لـە رێـی هـەڵـگـیرسـاندنی شـەڕی لەناوبردنی گەلی کوردەوە هەوڵی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی کوردستان دەدا، هەم لە ڕوی دیموگرافیاو پەروەردەوە، هەم لە ڕوی کەلتورو شارستانییەوەو لەم چوارچێوەیەدا دەسەڵاتی فاشست دەیان هەزار خێزانی کوردی لە کوردستانی عیراقەوە بۆ ناوچەکانی باشورو رۆژئـاوای عیراق دور خستۆتەوە، سـەدان گوندی ناوچەکانی کەرکوك، خانەقین، شنگال، شێخان و زومماری لە دانیشتوانە رەسەنەکانیان چۆڵ کردووە، خوێندنگە کوردییەکانی لە زۆربـەی ناوچەکانی کوردستان هەڵوەشاندۆتەوە، دامودەزگا خەمخۆرەکانی رۆشنبیریی کوردی پەك خستووەو ناوی زۆر گوندو هەندێ شاری کوردیی گۆڕیوە، سەرباری پیادەکردنی تۆقاندن و داپڵۆسینی خوێناوی لە دژی چالاکیی سیاسیی نیشتمانی، تەنانەت لە دژی حزبە کارتۆنییە کوردییەکان و هەندێ حزبی دیکەش کە هاوکاریی دەسەڵات دەکەن و بەشداریشن لە حوکمڕانیدا.

سەبارەت بە پڕۆژە کرچ و کاڵەکەی ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستانیش کە دەسەڵاتی فاشست وەك پەردەیەك بۆ شاردنەوەی جەنگە گەرم و گوڕەکەی لەناوبردنی گەلی کورد سودی لێ وەرگرتووە، ئەوا ئەم پڕۆژەیە بە تـەواوی هەڵپەسێردراوەو کاری پێ ناکرێ.

دەسەڵاتی فاشست بەم هەڵسوکەوتە شۆڤێنی و دور لە هەستی مرۆڤایەتییە، وا تێدەگا کۆنترۆڵی دۆخەکەی پێ دەکرێ، چونکە لای وایە بزوتنەوەی کورد بە یەکجاری خامۆش کراوەو نە بڵێسەی ماوە نە گڕ.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هەڵقوڵاوی ناخ و دەرونی جەماوەری کوردە، ئاڵاهەڵگری بزوتنەوەی نەتەوایەتیی پێشکەوتنخوازی کوردەو باوەڕی پتەوی بەوە هەیە کە جوڵانەوەی نەتەوایەتیی رزگاریخوازی گەلی کـورد بزوتنەوەیەکی مێژووکردی بابەتییە، خەباتە رزگاریخوازییەکەی مەگەر تەنها بە وەدی هێنانی تەواوی ئامانجە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان کۆتـایـی بێت، جگە لـەوەی کـە ئـەم جـوڵانـەوەیـە بەشێکی گرنگی سەراپای بزوتنەوەی گەلی عیراقەو پەیوەستێکی ئۆرگانیکی لە نێوانیاندا هەیە. لێك ترازاندنی ئەم پەیوەستە، وەك روداوەکـانـی ساڵانی رابـردوو ساغیان کـردۆتـەوە، هـەردوکـیـان دوچـاری سەرەنگرێی مەترسیدارو گورزی کەمەرشکێن دەکات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتـان کە خەریکی رێکخستنەوەی هێزە دیموکراتەکانی شۆڕشی کوردە، بە ئەرکی خۆی دەزانـێ رۆڵـی لە ڕاستکردنەوەی تاکڕەویی رێچکەکەدا هەبێ‌و بۆ پێکەوە گرێدانی بزوتـنـەوەی نەتەوایەتیی پێشکەوتنخوازی کوردو بزوتنەوەی نەتەوایەتیی پێشکەوتنخوازی عەرەب تێ

بکۆشێت بۆ ئەوەی ئەم دوو بزوتنەوەیە، لە چوارچێوەی بزاڤی دیموکراتی و شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری عیراقدا، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا ببنە پشت و پەنای یەکتری.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە یەکەم بەیاننامەیدا بانگەوازی بۆ وەدی هێنانی ئەم هاوخەباتییە، لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوودا لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دیکتاتۆری، راگەیاندووە، بۆیە شتێکی ئاساییە کە بە پیر بانگەوازەکەی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقەوە بچێ و دەست بە دایەلۆگێکی بنیاتنەر بکا بۆ گەڵاڵەکردنی وێنایەکی سیاسی و ستراتیجیی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی رەوشی ناوچەی عەرەب بە گشتی و رەوشی تێکچوی عیراق بەتایبەتی و دیاریکردنی سروشتی ئەو پەیوەندییەی کە پێویستە لە نێوان هەردولادا بێتە دی. یەکێتی بەکردەوە، دایەلۆگێکی کراوەی لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق دەست پێ کردووە. لەو دایەلۆگەدا بەرنامەیەکی تێکۆشەرانەی شۆڕشگێڕو پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ بۆ کۆڕبەندی نیشتمانی دانرا تا مەسەلەکە بەو ئەنجامە گەیشت کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ببێتە ئەندامی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، لەگەڵ بەردەوامبونی هەوڵ و کۆششەکان بۆ پەرەپێدانی کۆڕبەندەکەو کردنی بە بەرەیەکی نیشتمانیی تێکۆشەرانەی یەکگرتوو کە هەموو هێزو حزب و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی عیراق لە سایەیدا کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە کار بۆ روخاندنی رژێمی فاشستی خوێناویی بەغداو بەدی هێنانی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بکەین.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو بڕوایەدایە کە بوونی بە ئەندام لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق هەنگاوێکی گرنگە بۆ هێنانە دیی پەیوەندیی تێکۆشەرانە لە نێوان هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردو عەرەبدا، لەپێناوی بەدی هێنانی ئامانجە گشتی و تایبەتەکانماندا و تۆکمەکردنی یەکڕیزیی نیشتمانیی گەلی عیراق کە بە هۆی شۆڤێنیزم و تەنگبینیی نەتەوەیی و جەنگی فاشستانەی جینۆسایدکردنی گەلی کوردو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستییەوە، درزی تێ کەوتووەو کەوتۆتە ژێر هەڕەشەوە.

هەروەها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وای دەبینێ کە چوونی بۆ ناو کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق بەشدارییەکی لێبڕاوانەیە لە کاراکردنەوەی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی عیراقدا، هەروەك گەرەنتییەکیشە بۆ بەردەوامبونی جوڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لەسەر رێبازێکی خەباتگێڕانەی راست و دروست.

بژی برایەتیی تێکۆشەرانەی کوردو عەرەب.

بژی خەباتی هاوبەشمان لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دیکتاتۆری.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩٧٦/٢/١١

## پاشکۆی ژمارە ٢

## بەیاننامەی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق بە بۆنەی بوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندام تێیدا

ئەی جەماوەری گەلە مەزنەکەمان

کاروانی خەباتی گەلی عیراق لە هەموو قۆناغەکاندا لە دژی سەردەمەکانی حوکمڕانیی کۆلۆنیالی و رژێمە دیکتاتۆر و فاشستە یەك لە دوای یەکەکان، سەلماندویەتی کە رێگای رزگاریی یەکجارەکی و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی شۆڕشی

نیشتمانیی دیموکراتی عیراق، لە ڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، تەنها بە پتەوکردنی یەکڕیزیی نیشتمانیی گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و تەواوی کەمینە ئیتنیکییە براکانەوە دێتە دی، هەروەك دەبێ ئەم یەکڕیزییە نیشتمانییە لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازانەدا گوزارشت لە خۆی بکات، بەرەیەك کە تەواوی حزب و هێزو کەسایەتییە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان بگرێتە خۆی و بکەوێتە رابەرایەتی کردنی خەباتی یەکگرتووی گەلی عیراق، ئەویش بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر هێزە ئیمپریالیستو کۆنەپەرستەکانداو هێنانە کایەی کۆمارێکی دیموکرات لە عیراقدا کە لە چوارچێوەیدا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق دێتە دی.

لەو روانگەیەوە کە باوەڕی تەواومان بەوە هەیە کە دامەزراندنی هاوپەیمانیی بەرەیی بایەخێکی نیشتمانیی زۆری هەیە، کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق لەوەتەی دامەزراوەو تا ئەمڕۆ، داوای لە هەموو حزب و هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق کردووە پەیوەندیی پێوە بکەن و رۆڵی خۆیان لە چوارچێوەیدا بگێڕن، بە مەبەستی پەرەپێدانی خەباتی نیشتمانی بۆ روخاندنی ئەو تاقمە فاشستەی کە لە کودەتا گومانلێکراوەکەی ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨دا دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و عیراقی خەڵتانی خوێن کرد.

کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق بە شێوەیەکی سیستماتیك و لێبڕاوانە هەوڵی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی داوەو لەم رووەوە بەدەنگەوە هاتنی کوردو عەرەب بە هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی پێکهێنانی ئەو بەرەیە دادەنێ. کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کردووە وریاتر و زرنگتر بن و نەخشەو پیلانە گڵاوەکانی هێزە ئیمپریالیستەکان و تاقمە فاشستەکەی بەغدا پوچەڵ بکەنەوە، ئەو نەخشەو پیلانانەی ئامانجەکەیان تێکدانی یەکڕیزیی نیشتمانیی گەلەکەمانە لە ڕێی وروژاندنی مەیلی شۆڤێنی و تەنگبینیی نەتەوەیی لە نێوان کوردو عەرەب و دنەدانی داب و نەریتی خێڵەکی و فراوان کردنی سنوری تۆقاندن و پاکتاوی جەستەیی لە دژی هەموو لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی عیراق، بەتایبەتی لە دژی ئەو لایەنانەی کە لە ژێر چەتری کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقدا کۆ بونەتەوە.

دەسەڵاتە فاشیستییەکەی ١٧ی تەموز بە ڕاستی دەسەڵاتی ناپاکیی نیشتمانی و نەتەوەییە. ئەم دەسەڵاتە عیراقی ملکەچی بەرژەوەندییەکانی هێزە ئیمپریالیستییەکان کردووە، لە ڕێککەوتننامە خیانەتکارییەکەی ٦ی ئازاردا دەرفەتی بە ئێران داوە دەست بەسەر لێواری دەستە چەپی شەتولعەرەبدا بگرێ، بە شێوەیەکی فەرمی دەستبەرداری هەرێمی عەرەبستان بووەو بە دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ کۆنەپەرستانی ئێران و بە قۆستنەوەی سروشتی سەرکردایەتییە خێڵەکییە سازشکارەکەی کورد سەرکەوتوو بووە لە تەفروتوناکردنی بزوتنەوەی چەکداری کورددا، سەرباری ئەوەی کە عیراقی لە جێبەجێ کردنی لێپرسراوەتیی نەتەوەیی خۆی لە نەبەردییەکانی نەتەوەی عەرەب دور خستۆتەوە، بە تایبەتی لە ململانێی نێوان نەتەوەی عەرەب و قەوارە زایۆنیستییەکە. ئێستاش سەرقاڵی شەڕی لەناوبردنی گەلی کوردە کە بەخشکەیی ئەنجامی دەداو تێیدا دزێوترین ڕێوشوێنی تەنگهەڵچنین بە هاووڵاتییانی کورد بەکار دێنێ، ئەویش لەڕێی شاڵاوەکانی ڕاگواستن و بەندکردنەوە، لە کاتێکدا کە شاڵاوەکانی داپڵۆسین و تۆقاندن لە دژی هێزە پێشکەوتنخوازە

عەرەبییەکان زیادیان کردووەو ململانێ و دوبەرەکیی نێوان باڵەکانی رژێم توندوتیژتر بونەتەوە کە ئەمەش رەنگدانەوەی قەیرانە سەختەکەی رژێمە فاشستەکەی عیراقەو تا دێ خیانەت کردنی ئەم رژێمە خوێنڕێژە لە سەرداریێتیی گەل و ئاو و خاکی نیشتمان ئاشکراتر دەبێ و ئەم رژێمە لەدنیای عەرەب و لە جیهاندا تا دێ گۆشەگیرترو وەتەق کەوتووتر دەبێ.

رۆڵەکانی گەلە تێکۆشەرەکەمان

هێزە پێشکەوتنخوازەکان

لەم قۆناغە هەستیارەی وڵاتدا کە تێیدا هێزە ئیمپریالیستییە جیهانییەکان و تاقمە فاشستە دەسەڵاتدارەکەی عیراق تێ وەرووکاون و سەرگەرمی پاکتاوکردنی تەواوی ئەو دەستکەوتە نیشتمانییانەن کە گەلی عیراق لە ڕەوتی خەباتە دورو درێژەکەی بە دەستی هێناون، گرنگیی بەرجەستەکردنی مەسەلەی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق بە کوردو عەرەبەوە رونتر دەردەکەوێ، هەروەك پێویستیی سەقامگیرکردنی بناغەکانی ئەو یەکێتییە نیشتمانییەش روونتر دێتە بەرچاو.

سەرەنجام، بۆ بەجێهێنانی ئارەزووی جەماوەری گەلەکەمان کەئومێدی لەسەر فراوان کردنی چوارچێوەی هاوپەیمانیی نیشتمانیو پەرەپێدانی چالاکییە خەباتگێڕییەکان بۆ روخاندنی رژێمی فاشست و هێنانە دیی دەسەڵاتی ئیئتیلافی نیشتمانیی دیموکرات ، هەروەها لە ڕوانگەی باوەڕی تەواوەوە بەوەی کە بزوتنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی کورد بەشێکی جیانەکراوەی بزوتنەوە نیشتمانییە گشتییەکەی گەلی عیراق پێکدێنێ، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ، جەختی کردۆتە سەر پێویستیی خەباتی هاوبەشی کوردو عەرەب و ئامادەیی دەربڕیوە کە بچێتە ناو هاوپەیمانیی نیشتمانیی دژ بە فاشیزمی دەسەڵاتدار، ئەویش لەو پێناوەی کە گەلە تێکۆشەرەکەمان بە عیراقێکی دیموکراتی ئازادیخوا شاد بێ و لە چوارچێوەی ئەو عیراقە دیموکراتە ئازادیخوایەدا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق دەستەبەر بکرێ.

لە سایەی رەوش و هەلومەرجی تازەی عیراقدا، کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زنجیرەیەك دانوستانی سیاسیی گرنگیان دەست پێ کرد کە بە گیانی هاوخەباتی و برایەتیی نیشتمانی بەڕێوە چووەو دواجاریش دانوستاندنەکە بەو ئاکامە گەیشت کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ببێ بە ئەندام لەکۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق. هەموو لایەنەکانی ناو کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق پەیماننامەی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقیان پەسند کردووەو رەزامەندیشیان لەسەر جاڕنامەی پەیڕەوی ناوخۆ نیشان داوەو لەم نزیکانەدا ئەو پەیماننامەیە رادەگەیەنرێ.

کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق لە کاتێکدا کە بە خۆشحاڵییەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندام وەردەگرێ، لە هەمان کاتدا داوا لەهەموو هێزو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی کوردو عەرەب دەکات، پەیوەندیی پێوە بکەن و جێی شیاوی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.


کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق بەڵێن بە جەماوەری گەلەکەمان دەدا کە بۆ پێشەوە هەنگاو بنێ و پەرە بە خەبات بدا لەپێناوی روخاندنی رژێمی فاشست و هێنانە دیی کۆمارێکی دیموکرات لە عیراقدا کە لە چوارچێوەیدا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق دابین بکرێت.

کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق

١٩٧٦/٢/١١

تێبینی: هەردوو بەیاننامەکە لە عەرەبییەوە کراون بە کوردی.

## کوردایەتی (گۆڤار- رۆژنامە)




گۆڤاری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. پاش یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ئەیلولی ١٩٨٢ و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، گۆڤاری «بزوتنەوە»ی ئۆرگانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان راگیرا و رێکخراوە تازەکە بەجۆرێك خۆی رێکخستەوە کە گۆڤارێکی دیکە لەبری «بزوتنەوە» دەر بکات. لەم سەروبەندەدا پێشەوا تاڵەبانی، ئەندامی مەکتەبی راگەیاندنی رێکخراوە تازەکە، پێشنیاری ناوی «کوردایەتی»ی بۆ گۆڤارە تازەکە کرد. لە یەکەم ژمارەدا و لەدوتوێی وتارێکدا بە ناونیشانی «کوردایەتی گۆڤاری رێکخستنی بزوتنەوەی کوردایەتییە» ئاماژە بۆ ئەوە کرا کەڕاگرتنی گۆڤاری «بزوتنەوە» بۆ ئەوە بووە کە ڕێ بۆ دەرکردنی گۆڤاری «کوردایەتی» خۆش بکرێ.

«کوردایەتی» لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٣ - ١٩٨٥ لە سێ خولدا پێنج ژمارەی لێ دەرچووە. خولی یەکەم دوو ژمارەی بە قەبارە نیو فولسکاب لەشێوەی گۆڤاردا لێ دەرچووە. یەکەم ژمارە لەکانونی دووەمی ١٩٨٣ دەرچووەو دووەم ژمارە لە ئازاری ١٩٨٣ و ژمارەی لاپەرەکانی هەردوو ژمارە یەك لە دوای یەك ٦٥ و ٥٠ لاپەڕەیە.

خولی دووەم دوو ژمارەی بە شێوەی رۆژنامە لێ دەرچووە. ژمارە ٣ لە حوزەیرانی ١٩٨٤و ژمارە ٤ لە تەموزی ١٩٨٤ دەرچووەو لەم خولەدا ئاستی بڵاوکراوەکە بۆتە ئۆرگانو بە قەبارەی فولسکاب دەرچووە. ژمارە ٣ لە ٨ لاپەڕەو ژمارە ٤ لە ١٠ لاپەرە پێك هاتووە.

خولی سێیەم تەنها یەك ژمارەی بە شێوەی گۆڤاری وەرزیو بە قەبارەی فولسکاب لێ دەرچووە. ئەم ژمارەیە لە دوتوێی ٧٢ لاپەڕەدا لە تەموزی ١٩٨٥دا دەرچووە. لەم خولەدا بابەتە بڵاوکراوەکان سەنگینترن و گۆڤارەکە زۆرتر لەگۆڤاری لێکۆڵینەوە دەچێ.

بڵاوکراوەکە وەك زۆربەی بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە ناوی سەرنوسەرو ئەندامانی دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە بەڵام بەکردەوە پێشەوا تاڵەبانی سەرنوسەری بووەو زۆربەی ئەوانەی کاریان تێدا کردووەو بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە رۆڵی، ئەندامانی دەستەی نوسەرانیان گێڕاوە.

ئەوانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: دکتۆر فوئاد مەعسوم، پێشەوا تاڵەبانی، خدر مەعسوم، مەسعود عەبدولخالق، فەرید زامدار، ئیحسان وڵاتیو برایم جەلال. هەندێ لەوانە ناوی خوازراویان بەکار هێناوە، لەوانە دکتۆر فوئاد مەعسوم کە بە ناوی هاوار بابەتی تێدا بڵاوکردۆتەوەو خدر مەعسوم بە ناوی دلاوەر.

ژماره ١ له توژەڵە لە چاپخانەی برایم عەزۆ چاپ کراوە. چوار ژمارەکەی تر لە چاپخانەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان چاپ کراونو هەر جارەی لە شوێنێك. ژمارە ٢ لە باوزێ لە ناوچەی پشدەر، ژمارە ٣و ٤ لە سورداشو ژمارە ١ی خولی سێیەم کە دوایین ژمارەیە لە کانی زێوکەی هەڵەدن لە دۆڵی جافەتی چاپ کراوە.

بابەتەکان بەتایپی IBM و BSI تایپ کراون. ژمارەکانی خولی یەکەم پاش تایپو دیزاین کردنیان بە ئامێری رۆنیۆ دانەیان لەبەر گیراوەتەوەو بەرگەکانیان بە فۆتۆ ستێنسل راکێشراون. بەڵام ژمارەکانی خولی دووەم و سێیەم بە ئۆفسێتی بچوك دانەیان لەبەر گیراوەتەوە.

ئەم بڵاوکراوەیە رۆڵێکی دیاری لە پەرەپێدانی چەمکی کوردایەتی گێڕاوەو پەراوێزێکی گونجاویشی بۆ بڵاوکردنەوەی هەندێ دیکۆمێنتی گرنگو دەربڕینی رای سەربەست رەخساندوە.

ساڵی ٢٠١٤ لە چوارچێوەی پڕۆژە هاوبەشەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانیی کوردی، هەموو ژمارەکانی «کوردایەتی» لە یەك کتێبی قەبارە گەورەی ٧٢ لاپەڕەییدا چاپ کرانەوەو خرانە بەر دەستی خوێنەران.

## كوردستان (تیپی شانۆ)

تیپێکی شانۆییە پێشمەرگە هونەرمەندەکان لە بەهاری ساڵی ١٩٨٦ دایانمەزراندووەو سەرەتا بارەگاکەی لەگوندی گەڕەدێی دۆڵی جافەتی دانراوە. دەستەی دامەزرێنەری تیپەکە لەسۆران عوسمان، هیوا رەئوف، قادر محەمەد ئەحمەد، زاهیر غەریب و ئەحمەد برایم باڵخی پێك هاتووە.

پاش دامەزراندنی تیپەکە، چەند پێشمەرگەیەکی تری هونەرمەند پەیوەندییان پێوە کردو بونە ئەندام تێیدا کە ئەمانەن: خەلیل کەریم ناسراو بەگەرمیان، موسا ئەحمەد، فازڵ قەساب، ئازاد سەوزە و هیوا محەمەد ئەمین.

لە قۆناغی دامەزراندنی تیپەکەدا تاڵەبانی پشتگیرییەکی زۆری تیپەکەی کردووەو بەشێکی زۆر پێداویستییەکانی بۆ دابین کردووە. پاشان دکتۆر فوئاد مەعسوم وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ئەرسەلان بایز وەك لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن پشتیوانییەکی زۆری تیپەکەیان کردوەو پێداویستییەکانیان بۆ دابین کردوە.

ساڵی ١٩٨٦ تیپەکە یەکەم بەرهەمی خۆی پێشکەش کرد کە شانۆگەرییەك بوو بە ناوی «لە زیندانی فاشیستەکاندا»، نوسەرو دەرهێنەرەکەی سۆران عوسمان بوو. سەرەتا شانۆگەرییەکە لەگوندەکانی دۆڵی جافەتی نمایش کراو پاشان بۆ دۆڵێو قەرەداغو گەرمیان گوێزرایەوەو لە هەموو ئەو شوێنانەی کە تێیدا نمایش کرا، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. ئەمەش هاندەر بوو بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمی دیکە.

ساڵی ١٩٨٧ تیپەکە دوو بەرهەمی تری پێشکەش کرد، یەکێکیان بە ناونیشانی «تارمایی راستییەکان» کە سۆران عومەر نوسیویەتیو هیوا رەئوف دەری هێناوەو لە ناوچەکانی دۆڵی جافەتیو مەرگەو سورداش نمایش کراوە، ئەوی تر بە ناونیشانی «دەوڵەتی پیاوە نەخۆشەکە» کە بە هاوکاریی تیپی شانۆی دەرەوەیان بەڕێوە چووە، سیناریست و دەرهێنەرەکەی قادر محەمەد ئەحمەدە، چیرۆکەکەشی بەدەستکارییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیو سیناریۆی بۆ دانراوەو لە ناوچەی قەرەداغ نمایش کراوە.

ساڵی ١٩٨٨ تیپەکە دوو بەرهەمی تری پێشکەش کرد، یەکێکیان بە ناونیشانی «راگوێز» کە قادر محەمەد ئەحمەد نوسیویەتیو دەری هێناوەو بەهاوکاریی تیپی شانۆی دەرەوەیان بەڕێوە چووەو لە ناوچەی قەرەداغ نمایش کراوە، ئەوی تر بە ناونیشانی «منداڵە چەوەندەر فرۆشەکە» بوو کە تێیدا پشت بەچیرۆکنوسی بە ڕەگەز ئازەریی ئێران سەمەد بهرەنگی بەستراوەو زاهیر غەریب دەری هێناوە. شانۆگەریی یەکەم لە ناوچەی قەرەداغ نمایش کرا و دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئێران لە شارەکانی سەقز و سنەو لەگوندی بلەکێ نمایش کرایەوەو هی دووەم لە ناوچەکانی گەرمیان نمایش کرا.

ساڵی ١٩٩٠ تیپەکە چوار بەرهەمی تری پێشکەش کرد کە زۆربە لە شاری سەقز نمایش کران. یەکێکیان بە ناونیشانی «نێرگزو مەرگی هەڵەبجە» کە قادر محەمەد ئەحمەد نوسیویەتیو دەری هێناوەو بە بۆنەی دووەمین ساڵیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە سەقز نمایش کراو لە ماوەی ٢٠ رۆژدا ٤٠ جار نمایش کرا. ئەوی تر بە ناونیشانی «مرۆڤو دەنگی ویژدان» کە ئامادەکارو دەرهێنەرەکەی هیوا رەئوفە. سێیەمیان بە ناونیشانی «گەورە بەگەورە» کە لە شاری بانە نمایش کرا و نوسەرەکەی عومەر عەلی ئەمینەو دەرهێنەرەکەی هیوا رەئوفە. شانۆگەریی چوارەم بە ناونیشانی «بۆیاخچی» لە شاری سەقز نمایش کرا و ئازاد سەوزە نوسیویەتیو هیوا رەئوف دەری هێناوە.

جگە لەم بەرهەمانەی کە لە کوردستان نمایش کران، تیپەکە لە ساڵی ١٩٩١دا، هاوزەمان لەگەڵ هەڵایسانی راپەڕین لە کوردستان، شانۆگەرییەکی بە ناونیشانی «هاواری کوردستان» لە شاری ئەسینای پایتەختی یۆنان نمایش کرد.

ئەم تیپە زۆرتر لە هێزی پێشمەرگەوە نزیك بوو، هەموو بەرهەمەکانیشی پەیامێکی سیاسیی نیشتمانپەروەرانەیان لەپشتەوە بوو و ئەندامەکانی هۆشیارییەکی سیاسیی بەرزو پاشخانێکی رۆشنبیریی باشیان هەبوو.

## کوردستانیبون (پرنسیپ)

یەکێ لە پرنسیپە بنەڕەتییەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. تیۆریی «کوردستانیبون»ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر بنەمای نەتەوەییو ئایدیۆلۆژی دامەزراوەو هەردوو بنەما لە دیکۆمێنتە فەرمییەکاندا بە ڕونی رەنگیان داوەتەوە.

بنەما نەتەوەییەکە زۆرتر پشت ئەستور بووە بە ڕەوایی کوردایەتی وەك دیاردەو بزاڤێکی بابەتی. یەکەم پڕۆژەی پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دەستەی دامەزرێنەر، پاش سێ مانگ لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی، لە ئەیلولی ١٩٧٦دا پەسندی کردووە، وای بۆ دەچێ کە ناسیۆنالیزمی کوردی کە لە چارەکی دواییی سەدەی نۆزدەهەم پەیدا بووە « وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، مێژوییو بابەتی سەری دەرهێناوە» و لەم سەروبەندەدا کوردایەتی «بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی گەلێکی چەوساوەو بێبەشکراوە لەمافی چارەی خۆنوسین». پڕۆژەکە وای بۆ چووە کە «دابەشکردنی کوردستان و چەوساندنەوەی گەلەکەیو زەوت کردنی مافە نەتەوەییو دیموکراتییەکانی» پیلانێکە بە بەرنامە کاری بۆ کراوە. پڕۆژەکە بە پشت بەستن بەو شیکردنەوەیە، وای داناوە کەیەکێ لە ئامانجەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان «هێنانە دیی هاوکارییەکی بەهێزە لەگەڵ تەواوی لایەنەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە هەموو

پارچەکانی کوردستاندا لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسیندا».

چەمکی «کوردستانیبون» لە ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پشت بە شەش پرنسیپی بنچینەیی دەبەستێ کە ئەمانەن: ١-کورد لە عیراقو ئێران و سوریاو تورکیا یەك نەتەوە پێکدێنن و کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوو پارچە پارچە کراوە، ٢-بزوتنەوەی کوردایەتی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسییە ئامانجەکەی رزگاریی نەتەوەییە، ٣-بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین مافێکی رەوایەو تاکە رێوشوێنێکیشە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، ٤-بەدەستهێنانی بەرزترین ئاستی هەماهەنگیو هاوکاری لە نێوان لایەنە سیاسییەکان لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا ئەرکێکی نەتەوەیی پێویستە، ٥-مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە و هەر دەستکەوتێکی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا رەنگدانەوەی باشی لەسەر بزوتنەوەی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەبێ لە هەموو پارچەکانی تردا، ٦-قەدەغەکردنی هەر هاوکارییەك لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا لە دژی بزوتنەوەی کوردایەتی لەپارچەکانی تری کوردستان.

بنەمای دووەمی چەمکی «کوردستانیبون» کە بنەمایەکی ئایدیۆلۆژییە، زۆرتر پەیوەندیی بەباڵێکی پێکهێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەیە کە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە. ئاشکرایە کە کۆمەڵەی رەنجدەران لە بونیادی ئایدیۆلۆژییدا پەیرەویی لە بیروباوەڕی مارکسیزم کردووە کە لە بنەمادا بیروباوەڕێکی ئینتەرناسیۆنالیستییە و پێوەری نەتەوەیی رەت دەکاتەوە. ئەم تێڕوانینە لە لایەن گروپە مارکسیستە عیراقییەکانەوە شرۆڤەیەکی وای بۆ کراوە کە پێکهێنانی حزبی مارکسیست لەسەر بنەمای نەتەوەیی لە سنوری یەك دەوڵەتی فرە نەتەوەدا، یەکپارچەیی چینی کرێکاری عیراق لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێتەوەو زیان لە بزاڤو خەباتی کۆمۆنیستی دەدا.

لەم سۆنگەیەوە، ئەو گروپانە دانیان بە مارکسیستبونی کۆمەڵەی رەنجدەراندا نەدەنا و دژی ئەوە بون کورد حزبی مارکسیستی تایبەت بەخۆی هەبێ. بەهۆی ئەمەوە، کۆمەڵەی رەنجدەران خۆی لەدۆخێکی وادا دۆزییەوە کە دەبوایە بیسەلمێنێ کە مارکسیزم دژی ئەوە نیە کورد حزبی مارکسیستی خۆی هەبێو رەنجدەرە کوردەکان مافی خۆیانە رێکخراوی تایبەت بەخۆیان هەبێ.

یەکەم دیکۆمێنت کە تێیدا مەسەلەی کوردستانیبونی کۆمەڵەی رەنجدەران بە وردی تاوتوێ کراوە، وتارێکی نەوشیروان مستەفایە کە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا لە ژمارە ٢ی وەرزنامەی «کۆمەڵە»دا بڵاوکراوەتەوەو تێیدا چۆتە سەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە بۆچی وەرزنامەکە ناو نراوە کۆمەڵە. دەشێ وتارەکە بە سەرەتایەکی باش بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی کوردستانیبونی کۆمەڵەی رەنجدەران بژمێردرێ. وتارەکە وای نیشانداوە کە کۆمەڵە «وەك نواندنەوەی یەکێ لە پێویستییە هەرە گرنگەکانی گۆڕانو گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستان لەدایك بووە» و بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە بونی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پێویستی بەوە هەیە کەئەم بزوتنەوەیە بە بیروباوەڕی مارکسیزم «موتوربە» بکرێو لای وایە کە «پێکهێنانی حزبی پێشڕەوی راستەقینەی کرێکارانو رەنجدەرانی کوردستان، پێکهێنانی حزبێکی مارکسیست لینینیست کە بە ڕاستی هەڵگری فەلسەفەی مارکسیزم- لینینیزم بێو بەپێی سەرەتاکانی مارکسیزم لینینیزم دامەزرابێو زاخاو درا بێت و بەپێی سەرەتاکانی مارکسیزم لینینیزم کار بکات، خەباتێکی دورو درێژی بێ کۆڵدان و ماندوبونی گەرەکە».

لە ژمارەی دواتری «کۆمەڵە»دا کە لە زستانی ١٩٧٩دا دەرچووە، نەوشیروان مستەفا یەکەم توێژینەوەی ئایدیۆلۆژیی دورو درێژو تێروتەسەلی لەم بارەیەوە بڵاوکردەوەو تێیدا هەوڵیدا بناغە فیکرییەکانی چەمکی کوردستانیبونی کۆمەڵەی رەنجدەرانی بچەسپێنێ. لەم توێژینەوەیەدا کە بە ناونیشانی «بەرەو پێکهێنانی حزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان» بڵاوکراوەتەوە، وا دانراوە کە یەکێ لە هۆکانی تێکشکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان «نەبونی حزبی پێشڕەو بووە». بەم مانایە، بونی حزبێك کە نوێنەرایەتیی کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی کوردستان بکات، مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنە. توێژینەوەکە جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە دەبێ پارتی پێشڕەو «ناسنامەی چینایەتیی دیار و ئاشکرای هەبێت» و هەروەها دەبێ بە «تیۆریی پێشڕەو» چەکدار بێ‌و بتوانێ «یاسا گشتییەکانی تیۆریی پێشڕەو بە چەشنێکی داهێنەرانە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی کوردستاندا بگونجێنێ». هەرچەندە توێژینەوەکە رۆڵی لە چەسپاندنی تێروانینی کوردستانیانە لە ناو رێکخستندا هەبوو، بەڵام ئەرکی سەرەکیی توێژینەوەکە لە بنەمادا تۆکمەکردنی ئاراستە کوردستانیەکان نەبوو. لێرەدا قسەو باسەکە لە دەورو خولی ئەوە دەسوڕێتەوە کە کوردستان پێویستی بەڕێوشوێنێکی تایبەتە بۆ دۆزینەوەی رێگای تایبەتی خۆی بەرەو سۆسیالیزم.

بیروباوەڕی کوردستانیبونی کۆمەڵەی رەنجدەران لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە رەنجدەرانی کوردستان پێویستیان بە رێکخراوێکی چینایەتییەو لەم کەیسەدا بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عیراق بە بونی کۆمەڵەی رەنجدەران زیانلێکەوتوو نابێ. بە کردەوە، کوردستانیبونی کۆمەڵە بە شێوەی تێکهەڵکێش کردنی فاکتەری نیشتمانی‌و فاکتەری چینایەتی، خۆی نواندووەو تێیدا بانگەشە بۆ ئەوە کراوە کە چەپی شۆڕشگێڕ دەبێ جڵەوی رابەرایەتی کردنی بزوتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بگرێتە ئەستۆ.

لە ساڵی ١٩٨١دا ئارمی پەسندکراوی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵە زۆر بە ڕونی گوزارشتی لە بیرۆکەی تێکهەڵکێش کردنی هەردوو فاکتەری نەتەوەیی‌و چینایەتی کرد کە تێیدا چەکوشو داسو ئەستێرەکە گوزارشت لە فاکتەری چینایەتی دەکەن و چوار بازنە هاوتەریبەکان ئاماژەیەکی رونن بۆ چوار پارچەکەی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٨١ بە دواوە رەوتی کوردستانیبونی کۆمەڵەی رەنجدەران سەقامگیرتر بوو و لەو ماوەیەدا چەند توێژینەوەیەك بە شێوەی نامیلکەی سەربەخۆ بە چڕی گوزارشتیان لە ڕەوتەکە کرد لەوانە توێژینەوەکانی «پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان»ی فەرەیدون عەبدولقادر، «دەربارەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان»ی هەڤاڵ کوێستانی‌و «کۆمەڵەی رەنجدەران بۆ کوردستانییە»ی برایم جەلال. لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەدا پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوەی کۆنفرەنس ئەوەی لە ماددەی ١٢دا چەسپاند کە یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامێتی لە کۆمەڵە ئەوەیە کە دەبێ ئەندام «بڕوای تەواوی بە کوردستانێتیی کۆمەڵە» هەبێت. لەم سەروبەندەدا هانا بردنی ئەندامانی سەرکردایەتی‌و کادیرە پێشکەوتووەکانی رێکخراوی ئاڵای رزگاریی کوردستانی باکور بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوزەنگ لە ساڵی ١٩٨١ و بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٢، رۆڵێکی کاریگەریان لە بەرجەستەکردنی کردارەکیی کوردستانیبونی یەکێتیی نیشتمانی‌و کومەڵەی رەنجدەراندا هەبوو.

3

# ئینسكلۆپیدیای یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان

**چاپی چوارەم**
**بەرگی سێیەم (ك - ی)**

**فەرید ئەسەسەرد**

**سەرپەرشتیاری گشتی و سەرۆكی**
**دەستەی كارا**

**كەیوان سەعید**

**سكرتێری نوسین**

**ئەندامانی دەستەی كارا**

| | |
|---|---|
| ئاوات كۆكەیی | نەوزاد عەلی ئەحمەد |
| خالید هەركی | سەلاح رەنجدەر |
| رەنج جەعفەر مستەفا | سامی قادر ئەحمەد |

**لێپرسراوانی بەشی تەکنیکی**

توانا عومەر عەلی
گۆنا عەبدوڵڵا مامەند
حسێن محەمەد ئەحمەد
ئەکبەر حەسەن مارف

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

موزەفەر عەبدولوەهاب

**کادیرەکانی بەشی تەکنیکی**

ڕێبین محەمەد عەلی
سوهامە عەبدولوەهاب
بەکر مەحمود
کەمال حامد
تافان بەختیار عەبدوڵڵا
ژوان عەبدوڵڵا مامەند
سوهەیلە عەبدولوەهاب

**ئیندێکس**

تەلار فەرید

چاپی یەکەم **٢٠١٣**
چاپی دووەم **٢٠١٤**
چاپی سێیەم **٢٠١٦**
چاپی چوارەم **٢٠٢١**

**ژمارە ١٧١٨ی ساڵی ٢٠٢٠ی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان پێ دراوە**
**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەرووەری**
**سلێمانی ٢٠٢١**

## کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)


کوردستانی نوێ

کوردستان بەرپەرچی داعش دەداتەوە

GORAN NET

دیوان

سالرۆژی کۆچی دوایی مامۆستا شێرکۆ بێکەس لەسلێمانی بەڕێوەچوو

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە. ژمارە سفر لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٩٢ دەرچووە. یەکەم سەرنوسەری ڕۆژنامەکە ئەرسەلان بایزەو یەکەم سکرتێری نوسین ئازاد جندیانییە. ئەوانەی لە ژمارە سفر بابەتیان بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: حسێن سنجاری، کامەران چاوەڕێ، توانا عەبدوڵڵا وەسیم، دڵشاد مەجید، کەریم دەشتی، جەوهەر کرمانج، مەولود ئیبراهیم حەسەن و کەریم سۆران.

مانشێتی ژمارە سفر پەرەگرافێکە لە پەیامی تاڵەبانی بە بۆنەی سەری ساڵی نوێوە کە تێیدا وتویەتی «نێوان یەکێتیی‌و پارتی لە هەموو ڕۆژێك بەهێزترەو کورد توشی براکوژی نابێتەوە».

سەروتاری ژمارەکە کە ئەرسەلان بایز نوسیویەتی، بەمجۆرە لە ڕێبازو بەرنامەی کاری ڕۆژنامەکە دەدوێ کە کوردستانی نوێ «وەك ڕەنگدانەوەیەکی باری ئەمڕۆی کوردستان و جیهان، پێ لەسەر زیاتر لە باوەش گرتنی ئازادی‌و ئیرادەی گەل و ڕامالێنی پاشماوەی دەسەڵاتی بەعسییان دادەگرێت تا دەگاتە ڕوخاندنیان... کوردستانی نوێ دژی دکتاتۆریەت و ئاشتیخوازە، ئاڵا هەڵگری چەسپاندنی دیموکراتیەت و پاراستنی مرۆڤ‌و برایەتیی کوردو عەرەبە لەسەر بناغەیەکی یەکسان، ئاڵا هەڵگری ڕزگاریی گەلان‌و گەیشتنیانە بە مافی چارەنوس... ڕێبازی ئەم ڕۆژنامەیە پاراستنی هەر سێ یەکێتییە گرنگ‌و سەرەکییەکەیە: یەکێتیی ریزەکانی گەل، یەکێتیی بەرەی کوردستانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەشەرەفی بەرپاکردنی شۆڕشی ئەمجارەی پێ بڕا».

لە هەلومەرجی پاش ڕاپەڕیندا دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە ئەرکێکی زۆر قورس بوو، بەتایبەتی کەرۆژنامەنوسانی کورد کەمترین ئەزمونیان لەم ڕووەوە هەبوو. پاش دوو هەفتە لەدەرکردنی ژمارە سفر، ژمارە ١ لە ٢٦ کانونی دووەمی ١٩٩٢ دەرچوو.

لە ژمارە ١١٦ دا کە لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٩٢ دا دەرچووە، فریاد ڕەواندزی بۆتە بەڕێوەبەری نوسینی ڕۆژنامەکەو لە ژمارە ١٦٤ دا کە لە ١٣ی ئابی هەمان ساڵ دەرچووە ئازاد جندیانی پلەی جێگری سەرنوسەری پێ دراوەو کار بە پۆستی سکرتێری نوسین نەکراوە.

دوا بەدوای کارکردن بە سیستمی خاوەنی ئیمتیاز لە هەرێمی کوردستان، دکتۆر فوئاد مەعسوم لە ژمارە ٤٥١ بەدواوە کە لە ٢ی ئابی ١٩٩٣ دەرچووە، بووەتە خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە.

هەر ئەو ساڵە، بەپێی سیاسەتی بڕیارلێدراوی

سەرکردایەتیی یەکێتی، هەندێ گۆڕان بەسەر دابەش کردنی لێپرسراوەتییەکاندا هات. بەم پێیە، ئەرسەلان بایز وازی لە سەرنوسەریی ڕۆژنامەکە هێناو لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێری گرتە ئەستۆو فەرەیدون عەبدولقادر لە ژمارە ٥٤٣ بەدواوە، کە لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٩٣ دەرچووە، بوەتە سەرنوسەر. ساڵی ١٩٩٤ دیسان هەندێ گۆڕان بەسەر لێپرسراوەتییەکاندا هات. ئازاد جندیانی بۆ مەکتەبی هۆشیاری گوێزرایەوە کە مەکتەبێکە تازە دامەزرابوو و لە ژمارە ٥٩٤ کە لە ٢٣ی کانونی دووەمدا دەرچووە، ناوی وەك جێگری سەرنوسەر لەسەر ڕۆژنامەکە نەما. دوا بەدوای ئەمە، فریاد ڕەواندزی گوێزرایەوە بۆ ڕۆژنامەی «ئیتتیحاد» و لە ژمارە ٥٩٦ بەدواوە کە لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٩٤ دەرچووە، ناوی وەك بەڕێوەبەری نوسین لەسەر ڕۆژنامەکە نەما.

لە کۆتایی ئازاری ١٩٩٦دا، پاش دەستبەکاربونی عادل موراد وەك لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن، دیسان گۆڕان بەسەر لێپرسراوەتییەکاندا هات و بەم پێیە فریاد ڕەواندزی وازی لە ڕۆژنامەی «ئیتتیحاد» هێناو لە ژمارە ١٢٥١ بەدواوە کە لە ١ی نیسانی ١٩٩٦ دەرچووە، لێپرسراوەتیی سەرنوسەریی کوردستانی نوێی گرتە ئەستۆ و دڵشاد عەبدوڵڵا وەك جێگری سەرنوسەر دەستبەکار بوو.

«کوردستانی نوێ» بە دوو خولدا تێپەڕیوە. یەکەمیان خولی هەولێرەو ئەوی تر خولی سلێمانی. لە خولی هەولێردا ڕۆژنامەکە ١٣٧٣ ژمارەی لێ دەرچووە. لەم خولەدا ژمارەی یەکەم لە ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٩٢ دەرچووەو دوایین ژمارە کە ژمارە ١٣٧٣ یە لە ٣٠ی ئابی ١٩٩٦ دەرچووە. لەو ماوەیەدا «کوردستانی نوێ» چەند پاشکۆیەکی بەخۆیەوە دیوە وەك پاشکۆی «پەریستان» کە هەڵگورد عەبدولوەهاب سەرپەرشتیی دەرکردنی کردووەو تایبەت بووە بە ئەدەبی منداڵان، «ئەدەب و هونەر» کە پاشکۆیەکی تایبەت بە جیهانی ئەدەب و هونەر بووەو ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە، «پەیامی خوێندکاران» کە هەمان ساڵ بە هاوکاریی ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانو لاوانی کوردستان دەرچووە، «مۆندیال» کە پاشکۆیەکی وەرزشی بووە، ساڵی ١٩٩٤ دەرچووەو دەستەی نوسەرانی پێکهاتبوو لە سەلاح حەسەن، فریاد ڕەواندزی، زاگرۆس نانەکەلیو محەمەد سەعید کوردە، «نەمران» کە پاشکۆیەکی تایبەت بەشەهیدان بووەو ساڵی ١٩٩٦ دەرچووە. هەروەها لەم خولەدا کوردستانی نوێ چاپێکی نێودەوڵەتیی لێ دەرچووە کە مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەن دوو هەفتە جارێك لە دوتوێی ٨ لاپەڕەدا دەری کردووە و سەرپەرشتیارەکەی سامی شۆڕش بووە.

لەم خولەدا ژمارەیەکی بەرچاو نوسەرو ڕۆژنامەنوس کاریان لە ڕۆژنامەکەدا کردووە لەوانە کەژاڵ ئەحمەد، کاوە محەمەد، عەبدوڵڵا قەرەداغی، دڵشاد مەجید، محەمەد ڕەنجاو، ئیسماعیل بەرزرنجی، نەژاد عەزیز سورمێ.

پاش هێرشی هاوبەشی هێزەکانی عیراق و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر هەولێر لەئابی ١٩٩٦، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامودەزگاکانی خۆی لە هەولێر بۆ ناوچەی سلێمانی گواستەوەو لەم چوارچێوەیەدا کوردستانی نوێش، بەهەموو نوسەرو کارمەندەکانییەوە، لە سلێمانی گیرسایەوە. خولی سلێمانی زۆر بە سەختی دەستی پێ کرد. ڕۆژنامەکە پێویستی بەبارەگاو چاپخانەو خۆڕێکخستنەوەیەکی ڕیشەیی بوو. گەورەترین کێشە کێشەی چاپخانە بوو چونکە لەو سەردەمەدا سلێمانی تەکنیکی چاپی پێشکەوتوی لێ نەبوو کە بەکەڵکی دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژانە بێ. لە سۆنگەی ئەم

گرفتانەوە، تا ماوەیەکی زۆر دەرفەتی دەرکردنی ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی ڕۆژانە نەهاتە ئاراوە.

خولی سلێمانی لە ٣ی ئەیلولی ١٩٩٦ بەژمارە ١٣٧٤ دەست پێدەکات و دواتریش لە ٤ی ئەیلولدا ژمارە ١٣٧٥ی بەدوادا هات بەڵام ئەم دوو ژمارەیە زۆرتر لە ژمارەی ئەزمونی دەچن و هەر یەکێکیان تەنها چوار لاپەڕەیە. لەکانونی دووەمدا پرۆژەی تێهەڵچونەوە بە شێوەیەکی سیستماتیك دەستی پێ کرد، ئەویش بە دەرکردنی ژمارە ١٣٧٦ لە ٤ی کانونی دووەمی ١٩٩٧.

بە هۆی گرفتی تەکنیکییەوە، بەرنامەیەکی وا دانرا کەڕۆژنامەکە، بە شێوەیەکی کاتی، هەفتەی دوو جار دەرچێ. سەروتاری ژمارە ١٣٧٦ بەڕونی ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکا و دەڵێ «ئەگەرچی لەبەر چەندین هۆی هونەری (تەکنیکی) بۆ ماوەیەکی کاتی، کوردستانی نوێ لەجیاتی ئەوەی هەموو ڕۆژێك کتێبخانەکانی کوردستان روناك بکاتەوە، ڕۆژانی دوشەممەو پێنج شەممە دەردەچێو بەڵێن بێت بە زۆرترین کات هەموو ڕۆژێك لەگەڵ نوێترین تیشکی خۆردا کوردستانی نوێش بە نوێترین هەواڵو دەنگوباسو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە، بگاتە دەستی خوێنەرانی».

بەم شێوەیە، کوردستانی نوێ قۆناغێکی راگوزەری دەست پێکرد. لە مانگی حوزەیران بەدواوە ڕۆژنامەکە لەبری دوو جار لەهەفتەیەکدا، سێ جار لەهەفتەیەکدا، لە ڕۆژانی یەکشەممەو سێشەممەو پێنج شەممە، دەرچوو. هەر لەو مانگەشدا ستران عەبدوڵلا بووە بەڕێوەبەری نوسین و بۆ یەکەم جار لە ژمارە ١٤٢٤ دا کە لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٩٧ دەرچووە، ناوی وەك بەڕێوەبەری نوسین خرایە سەر ڕۆژنامەکە.

لە تشرینی یەکەمدا بەشێکی زۆری کەموکوڕییە تەکنیکییەکان چارەسەریان بۆ دۆزرایەوەو بەم هۆیەوە دەرفەتێکی وا پێك هات کە بتوانرێ ڕۆژنامەکە لە هەفتەیەکدا لە سێ ژمارە زۆرتری لێ دەرچێ. بەم پێیە، توانرا لە هەفتەیەکدا لەبری سێ ژمارە، پێنج ژمارە، لە ڕۆژانی یەکشەممەو دوشەممەو سێشەممەو چوار شەممەو پێنج شەممە، کوردستانی نوێ دەرچێ. بەم پێیە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەگەڵ قۆناغی هەولێردا نەما کە تێیدا کوردستانی نوێ لەهەفتەیەکدا شەش ژمارەی لێ دەردەچوو. لەو ماوەیەدا کوردستانی نوێ گەشەیەکی زۆری کردو توانی ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٨ لاپەڕەوە بکاتەوە ١٦ لاپەڕە، سەرباری ئەوەی کە لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر گۆشەی بەخۆیەوە بینی کە خوێنەرێکی زۆریان بۆ ڕۆژنامەکە پەیدا کرد لەوانە گۆشەکانی «ئاماژە»ی فەرید ئەسەسەردو «مانشێت»ی کاوە محەمەدو «مەوداکانی ژن»ی کەژاڵ ئەحمەدو «سپێدە»ی لاوەند نەوزادو «ڕۆژ باش»ی شێرزاد شێخانیو «فایلی کراوە»ی ماکۆك شێخ محەمەد و «روانگە»ی محەمەد ڕەنجاو، لە پاڵ تەرخان کردنی لاپەڕەیەکی هەفتانە بۆ «کاروباری ژنان»و تەرخان کردنی لاپەڕەیەکیش بە ناوی «لاپەڕەی ئازاد» کە پەراوێزێکی فراوانی بۆ ئازادیی رادەربڕین تێدا فەراهەم کرابوو، جگە لەوەی کە هەر لەو ماوەیەدا بیرەوەرییەکانی ئەرسەلان بایز لە ژێر ناونیشانی «ڕۆژانی سەخت» بەش بەش بڵاو کرانەوە.

لە ئایاری ١٩٩٩ هەندێ گۆڕانکاری بەسەر لێپرسراوەتییەکاندا هات. ستران عەبدوڵلا لە ژمارە ١٨٥٣ بەدواوە کە لە ٥ی ئایاردا دەرچووە، کرایە جێگری سەرنوسەرو بەم پێیە «کوردستانی نوێ» بووە خاوەنی دوو جێگری سەرنوسەر و لە هەمان کاتدا کاوە محەمەد بووە بەڕێوەبەری نوسین. لە ژمارە ١٨٨٦ دا کە لە ٢١ی حوزەیراندا دەرچووە، ناوی دڵشاد عەبدوڵلا وەك جێگری سەرنوسەر نەماوەو

ستران عەبدوڵڵا بۆتە تاکە جێگری سەرنوسەر.

لە ئەیلولی ١٩٩٩دا کوردستانی نوێ گەڕایەوە سەر ریتمی جارانی خۆی‌و بۆوە بە ڕۆژنامەیەکی رۆژانە. لە ١١ی ئەیلول بەدواوە کە تێیدا ژمارە ١٩٤٥ دەرچووە، رۆژنامەکە رۆژانە دەستی بەدەرچون کردۆتەوەو هەفتانە شەش ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە بەراییەکانی ئەم قۆناغە زۆرتر لە ژێر کاریگەریی روداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دان و بەشێکی زۆری بابەتە بڵاوکراوەکان بۆ شیکردنەوەی ئاسەوارو وردەکارییەکانی ئەو روداوانەن.

لە ژمارە ٢١٨٨ بەدواوە کە لە٣ی تەموزی ٢٠٠٠ دەرچووە، مەحمود مەلا عیززەت بووە سەرنوسەر. ساڵی دواتر هەندێ گۆڕانکاری بەسەر لێپرسراوەتییەکاندا هات. ستران عەبدوڵڵا لێپرسراوەتیی ئۆفیسی راگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیرانی گرتە ئەستۆ. کاوە محەمەد، لە جێی ئەو، بووە جێگری سەرنوسەری «کوردستانی نوێ»و شێرکۆ مەنگوڕی کرایە بەڕێوەبەری نوسین.

لە ژمارە ٢٥٦٧دا کە لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠٠١ دەرچووە، کوردستانی نوێ ئەزموونێکی تازەی دەست پێکردو بە ڕەنگاوڕەنگ دەرچوو. ئەمەش جوانی‌و قەشەنگییەکی زۆری بە رۆژنامەکە بەخشی.

ساڵی ٢٠٠٢ هەندێ گۆڕانکاری بەسەر لێپرسراوەتییەکاندا هات. مەحمود مەلا عیززەت وازی لە سەرنوسەری هێناو بەهۆی ئەمەوە لە ژمارە ٢٧٢٣ بەدواوە کە لە ٧ی نیسانی ٢٠٠٢ دەرچووە، کاوە محەمەد بووە سەرنوسەرو شێرکۆ مەنگوڕی بووە جێگری سەرنوسەر. بۆ پۆستی بەڕێوەبەری نوسینیش کەس دانەنرا.

ساڵی ٢٠٠٤ رۆژنامەکە گفتوگۆیەکی کراوەو تێروتەسەلی دەربارەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوەدا ساز کردو رۆڵێکی دیاری لەگەڵاڵەکردنی رای گشتیدا بە ئاراستەی پشتگیری کردنی یاساکە گێڕا. ساڵی دواتریش هەمان رۆڵی بۆ تێپەڕاندنی دەستوری عیراق بینی.

لە کانونی دووەمی ٢٠٠٥ دەستەی سکرتاریەتی نوسین لە سێ کەس دانرا کە ئەمانەن: کەژاڵ ئەحمەد وەك لێپرسراوی ریپۆرتاژو کاروباری ناوخۆ، جەمال عەبدوڵڵا وەك لێپرسراوی لێکۆڵینەوەو گفتوگۆو توانا ئەحمەد وەك لێپرسراوی هەواڵ‌و سیاسەت. لە تەموزدا سکرتاریەتەکە بچوك کرایەوەو جەمال عەبدوڵڵای تێدا نەما. هەمان مانگ، رۆژنامەکە بەشدارییەکی کارای لە بانگەشەی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق و پەرلەمانی کوردستان‌و ئەنجومەنی پارێزگاکان کرد.

لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵ «کوردستانی نوێ» بەرنامەیەکی چڕی بۆ بەشداری کردن لەبانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا داناو لەم سەروبەندەدا، جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین وتار بۆ پشتگیری کردنی لیستی ژمارە ٧٣٠ی هاوپەیمانیی کوردستان، پاشکۆیەکی بە ناونیشانی «٧٣٠» بڵاوکردەوە کە لیژنەی راگەیاندنی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دەری کردوەو لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا هاوکات لە هەردوو رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» و «خەبات» رۆژانە دەرچووە. حەڤدە ژمارە لەم پاشکۆیە دەرچووەو سەرپەرشتیارەکەی عەدالەت عەبدوڵڵا بووە.

لەئابی ٢٠٠٦ دەستەی سکرتاریەت هەڵوەشایەوەو کەژاڵ ئەحمەد کرایە سکرتێری نوسین. لەم ساڵەدا «کوردستانی نوێ» چەند پاشکۆیەکی دەرکرد کە هەندێکی بە شێوەی زنجیرە دەرچوون و کاریگەریی زۆریان لەسەر زیادکردنی ژمارەی خوێنەرانی هەبووە لەوانە پاشکۆی «رۆژنامەنوسی نوێ» لە نیساندا کەتایبەت بوو بە جەژنی ١٠٨ ساڵەی رۆژنامەوانیی

کوردییەوە، پاشکۆی «ئاوێزە» کە پاشکۆیەکی هونەری - کۆمەڵایەتیی هەمەڕەنگ بووەو یەکەم ژمارەی لە حوزەیراندا دەرچووەو سەرپەرشتیارەکەی مەریوان عەلی بووە، پاشکۆی «پەروەردەی نوێ» کە یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمدا دەرچووەو تایبەت بووە بەخۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی پەروەردەییو سەرپەرشتیارەکەی لوقمان غەفور بووە، پاشکۆی «دەستور» کە تایبەت بووە بە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانو لە ڕێگەی ئەم پاشکۆیەوە کە کاروان عەلی سەرپەرشتیی کردووە، توانرا گفتوگۆیەکی نیشتمانیی ئازادو بابەتییانە دەربارەی یەکە بەیەکەی بڕگەکانی پرۆژەی دەستور ساز بکرێ.

لە ٧ی کانونی دووەمی ٢٠٠٧ ڕۆژنامەکە پاشکۆیەکی تایبەت بە سێیەم پلینۆمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرکرد کە لە قەڵاچوالان بەستراو دوو ژمارەی لێ دەرکرد. هەر ئەو مانگە سکرتاریەتی نوسین فراوان کرا و عەدالەت عەبدوڵلای بۆ زیاد کرا، بەڵام لە تشرینی یەکەمدا کەژاڵ ئەحمەد دەستی لەکار کێشایەوەو عەدالەت عەبدوڵلا بە تەنها لە سکرتاریەتی نوسین مایەوە.

ساڵی ٢٠٠٨ ڕۆژنامەکە چەند پاشکۆیەکی دەرکرد لەوانە پاشکۆی «جینۆساید» لە ٢٥ی کانونی دووەم کە تایبەت بوو بە کۆنگرەی جیهانیی جینۆساید لە کوردستان و پاشکۆی «کۆنگرە» کە بەشێك بووە لەئامادەکارییەکی یەکێتی بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم. یەکەم ژمارەی ئەم پاشکۆیە لە ١٠ی شوبات دەرچووە. یەکەم دەستەی نوسەرانی پاشکۆکە لەهەر یەك لەئازاد جندیانی، خەلات عومەر، ئومێد قەرەداغی، ئاوات کۆکەیی و چیا هاوار پێك هاتووە. پاشکۆکە تا ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام بوو و ٤٩ ژمارەی لێ دەرچوو.

لە ئابی ٢٠٠٩دا ستران عەبدوڵلا وەك شەشەم سەرنوسەر ئەرکی سەرنوسەریی ڕۆژنامەکەی گرتە ئەستۆو لەم ڕووەوە سکرتاریەتی نوسین لە کاروان عەلیو محەمەد کەریم و شیرین ك پێك هات. هەر ئەو ساڵە «کوردستانی نوێ» چڕترین بانگەشەی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیو سەرۆکایەتی بەڕێوە برد.

ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» وەك یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە پاش ڕاپەرینی ١٩٩١، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەنوسان گێڕاوەو توانیویەتی بانگەشە بۆ سیاسەت و هەڵوێستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات و نەخشێکی دیار لە بڵاوکردنەوەی بەهاکانی دیموکراسیو لێبوردەییو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا بگێڕێت.

لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا کوردستانی نوێ بە درێژایی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن پاشکۆیەکی ڕۆژانەی لە ژێر ناونیشانی «یەکێتی» بۆ پشتیوانیکردن لە بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەرکرد. هەمان ساڵ چەند پاشکۆیەکی دەرکرد کە ڕۆڵێکی دیاریان لە تۆکمەکردنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریدا هەبوو لەوانە پاشکۆی «بەرەو ڕوناکی» بە بۆنەی یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی برایم ئەحمەد و یادی ١٤ ساڵەی کۆچی دواییەوە، پاشکۆی تۆماری زێڕین کە پاشکۆیەکی دیکۆمێنتاریی تایبەت بە سەردەمی پێشمەرگایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە و بە هاوبەشی لەگەڵ بنکەی ژین دەرچووە، پاشکۆی «بۆ جوانە مەرگەکانی وەتەن» بە بۆنەی یادی ٦٧ ساڵەی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردپەروەرەکە لە ساڵی ١٩٤٧دا.

ساڵی ٢٠١٧ «کوردستانی نوێ» بە بۆنەی تێپەڕبونی ٢٥ ساڵ بەسەر دەرچونیدا ئاهەنگی گێڕا و لە یادی یۆبیلی زیوینیدا پاشکۆیەکی ١٢ لاپەڕەیی بە ناونیشانی «زمانی کوردی» دەرکرد کە تایبەت بە زمان و ئەلفوبێی کوردی بوو و کردی بە دیاری بۆ «خوێنەران بە گشتی و نوسەران و ڕۆژنامەنوسان بەتایبەتی» کە چەند بابەتێکی گرنگی لە خۆ گرتبوو لەوانە بابەتێك دەربارەی ماوریزیۆ گارزونیی باوکی کوردۆلۆژی و چەند بابەتێك سەبارەت بە مێژوی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی. پاشکۆکە سالح بێچار ئامادە و سەرپەرشتیی کردووە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا لێپرسراوەتییەکانی ڕۆژنامەکە بەم جۆرە دابەش کران: ستران عەبدوڵلا سەرنوسەر و محەمەد کەریم جێگری سەرنوسەر. سکرتاریەتی نوسین لە هەر یەک لە ئیسماعیل مەحمود، جەمال ئاریز، مەریوان مەسعود و هەڵکەوت زەنگەنە پێک هات.

**پاشکۆ**

## کوردستانی نوێم چۆن دەوێ؟ (وتارێکی تاڵەبانی لە یەکەم ساڵیادی دەرچونی کوردستانی نوێ)

هەڤاڵان بەڕێوەبەران و نووسەرانی بەڕێوەبەری کوردستانی نوێی خۆشەویست

بە سڵاوێکی برایانەی گەرمەوە پیرۆزبایی ساڵڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکەتان لێدەکەم. کوردستانی نوێ لە خەڵکی کوردستانی نوێ، کوردستانی رزگارکراوو دیموکرات پیرۆز بێت.

دەرچوواندنی کوردستانی نوێ ئەوەش بۆ ماوەی ساڵێك بێ پسانەوەو وەستاندن، خۆی لە خۆیدا شاکارێکی ڕۆژنامەگەریی نوێی کوردەواری و کوردایەتییە، بەڵام درێژەپێدان بە گەشەپێدان کارێکی گرنگترو بەکەڵکترە. ژیان ناپسێتەوەو ناکوژێتەوە. بۆیە دەبێ لایەنەکانی، بە لایەنی هۆشیاری و ڕۆژنامەگەریشەوە، نەپساوەو بەردەوام و گەشەکردوو بن، بە هۆی ئەمەشەوە دەبێ هەمیشە بە تەمای پێشکەوتن و گەشەکردنی کوردستانی نوێ بین.

دیارە بۆتان هەیە شانازی بەوەوە بکەن کە ئێوە دەستپێشخەر بوون لە دەرچوواندنی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی، ئەویش بۆ ماوەی ساڵێك کە ئەمە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی کوردستانی عێراقدا روو دەدات، بگرە لە مێژووی هەموو کوردستاندا، بەڵام هەقی شانازیی شۆڕشگێڕانەتان هەیە، نەك هەقی لەخۆبایی بوون و خۆلێگۆڕان. سوپاستان دەکەین لەسەر ئەرك و هەوڵ و کۆشش و ڕەنج و ماندووبونتان، بەڵام داوامان پەرەپێدان و باشتربوونە.

من پێم باشە ڕەئی خۆمتان پێڕاگەیێنم. با ئەمەیان ڕەئی تایبەتی خۆم بێ:

هەقە کوردستانی نوێ زیاتر بایەخ بە دەنگوباسی دەرەوە بدات، خەڵك دەنگ و باسی تەڕو تازەی لێتان گەرەکە، دوا دەنگوباس، دیارە گرنگ و بایەخدارەکانیش.

هەقە زۆرتر، باشتر دەنگ و باسەکانی ناوخۆ کۆکەنەوە، بڕازێننەوە، فرە بابەت و جۆراوجۆرتریان بکەن.

ژیانی کوردەواری و کوردایەتی (خەباتی رزگاری و دیموکراتی خەڵکی کوردستان) چاکتر و زۆرتر لە لاپەڕەکانتاندا ڕەنگ و دەنگ بدەنەوە.

هەقە هەمیشە مانشێت و سەروتارتان هەبێت، ئەگینا ڕۆژنامەکەتان کەچەڵ دەبێت.

لاپەڕە دوو باشە، بەڵام هەقە باشتری بکەن، بە

باسی تێرو تەسەل لەسەر رووداوە گرنگەکانی جیهان بەگشتی و رۆژهەڵات بەتایبەتی.

با لاپەڕە سێ بیروباوەڕی ئازاد، رەخنەگرانە، لێکدانەوەی جۆراوجۆری وەزعی عیراق و کوردستان بگرێتەوە.

با دەرگای رەخنەو بیرو بۆچونی رەنگاورەنگ و جۆراوجۆر لەسەر پشت بکەینەوەو ئۆباڵیش بە ئەستۆی نووسەر.

هەقە پتر دەنگ و باسی بەرەی کوردستانی و لایەنەکانی بڵاو بکەنەوە، هەقە لە لاپەڕە شەشدا تەرجومەی وتارو باسە گرنگەکانی دونیا، یان پوختەیەکیان بڵاو بکەنەوە، پێشنیاز دەکەم بیکەنە لاپەڕەیەك بۆ وتەی رۆژنامەکانی جیهان لەسەر مەسەلەکانی رۆژهەڵات و عیراق و کوردستان.

لە ناوەڕۆکی وتارەکانیشدا هەقە زۆرتر، پتر درێژدادڕانە سوور بن لەسەر داواکردن و پاراستنی مافەکانی برا تورکمان، برا ئاسوری، برا مەسیحییەکان.

هەقە زۆرتر باسی برا ئێزدییە خۆشەویستەکانمان بکەن، وا باشە لاپەڕەی هەفتانەی ژنان و گیروگرفت و خەباتیان بکەنەوە.

پێم باشە لاپەڕەی هەفتانەی کرێکاران، جوتیاران، خوێندکاران، مامۆستایان... هتد بکەنەوە.

هەڤاڵینە! هەر ئەوەندەم لەبیرە، بەڵام دیارە ئێوەش بە شایستەی ئەو هەموو «هەقە» و «پێم باشە» و پێشنیازانە دەزانم، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە ئێوەی تێکۆشەرو خۆشەویست هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتوو بن.

برای دڵسۆزتان
مام جەلال
سەرچاوە: کوردستانی نوێ (١٩٩٣/١/١٢).

## کوردۆ قاسم



پێشمەرگە و پارتیزان و کادیری رێکخستن و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکێ لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی گۆڕان. ناوی تەواوی سەعدون قاسم عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گەڕەکی باب شێخی شاری بەغدا.

ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، بەشدار بوو لە دامەزراندنی رێکخراوێك بە ناوی رێکخراوی خوێنی شەهیدان، کە بە ئاراستەیەکی چەپی رادیکال هەڵدەسوڕا و ستراکچەرە ئایدیۆلۆژییەکەی لەسەر بنەمای پەرەپێدانی شەپۆلی شۆڕشگێڕانە لە ناو شارە گەورەکان، نەك لە چیا و دێهاتەکان، دامەزرا بوو. ساڵی ١٩٧٦ پشتگیریی هەوڵەکانی یەکگرتنەوەی رێکخراوەکەی کرد لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پاش یەکگرتنەوەو هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوی خوێنی شەهیدان، لە ساڵی ١٩٧٧ دا بەشدار بوو لە پێکهێنانی رێکخراوی «هەڵۆی سور» کە ئەرکەکەی گواستنەوەی خەباتی چەکدار بوو بۆ ناو شاری بەغدا. هەرچەند ئەو بەیەکێ لە دامەزرێنەرانی رێکخراوەکە دەژمێردرێ، بەڵام لەو ماوەیەدا زۆرتر لە باڵی مەدەنیی رێکخراوەکە کاری کردووە، نەك لە باڵە عەسکەرییەکەی.

هەر ئەو ساڵە لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی رێکخراوەکە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کراو لەگەڵ هەر یەك لە عەدنان شێرزاد، سەلاح جان موراد، رەعد بەشیر ئەسکەندەر و موراد عەلی

وەلی حاجی بە بەندکردنی هەتا هەتایی حوکم درا. ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی دەست پێ کردو لە ساڵی ١٩٨١دا بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

ساڵی ١٩٨٢ رەوانەی سوریا کرا. لەوێ، لە دیمەشقی پایتەخت، لێپرسراوەتیی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٣، پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کرایە لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی کەلار. ساڵی ١٩٨٤، سەرەڕای ئاگربڕی نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراق، هێزێکی بەربڵاوی سوپا و جاش بە پاڵپشتی تانك و هەلیکۆپتەر بە فەرماندەیی جەنرال بارق عەبدوڵلا حاج حونتە هێرشی کردە سەر بارەگای کەرتی رێکخستنی کەلار لە گوندی سەید خەلیل. کوردۆو پێشمەرگەکانی بەرگرییەکی شایستەیان کرد. هێزی پێشمەرگە لە هەموو لایەکی گەرمیانەوە فریای کەوتن و پێکەوە گورزێکی کاریگەریان لە هێزە پەلاماردەرەکە وەشاند. شەڕەکە بە درێژایی رۆژ درێژەی کێشا. دوژمن زیانێکی زۆری پێ گەیشت و هیچ ئامانجێکیشی بەدەست نەهێنا.

ساڵی ١٩٨٨ بەشدار بوو لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی ئەنفال. لە حوزەیرانی ١٩٨٩دا لەگەڵ ١٧ پێشمەرگەدا لەوانە مەحمود سەنگاوی، شەهاب خانەقینی، ئازاد قەرەلوسی، سوهاد داوود خانەقینی، ژیانی پارتیزانیی لە دەڤەری گەرمیان دەست پێکردو لەم روەوە چەند بنکەیەکی پارتیزانیی دانا لەوانە بنکەکانی پاریاوڵە، کەڵەهەر و بنکەی نێوان زەردە لیکاو و یەپە کەروز. لە کانونی دووەمی ١٩٩٠دا توشی گرانەتا بوو، نەخۆشییەکە تینی بۆ هێنا و بڕستی لێ بڕی، بەڵام بەرگەی گرت و هەر بەردەوام بوو لەسەر ژیانە سەخت و دژوارەکەی پارتیزانی.

پێش راپەڕین بە چەند مانگێك، گەڕایەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی لە قاسمە رەش لەسەر سنوری عیراق- ئێران. لە رەوتی خۆ تەیارکردندا بۆ راپەڕین، قۆڵی گەرمیان بەسەر چەند یەکەیەکدا دابەش کرا. یەکەی باوەنور لە نەخشە گشتییەکەدا بە کوردۆ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش کۆنگرە کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوك. ساڵی ١٩٩٤ کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ٩ی رێکخستنی شارەزور.

ساڵی ١٩٩٦ لە ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەدا کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانیان لە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە، کوردۆ لە قۆڵی بەمۆ- دەربەندیخان- سلێمانی بەشدارییەکی کارای لە رزگارکردنەوەی ناوچەکاندا کرد. پاش ئۆپەراسیۆنەکە بووە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٧ لە شەڕەکانی شارەزور لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی، رۆڵێکی کارای لە بەرەکاندا بینی، بەتایبەتی لە قۆڵی نێرگسەجاڕ- ملەی دارێ. هەر ئەو ساڵە، لە کاتی بەرێوەچونی ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا، لە قۆڵی دۆڵی بالیسان بەپێی نەخشەی شەڕەکە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردو لەم رووەوە لە بەرەکانی کڵاو قاسم و چیای شەکرۆك بەشدارییەکی شایستەی کرد.

لەو ماوەیەدا لێپرسراوەتیی فەرماندەیی هێزی

پێشمەرگەی گەرمیان و مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٠ لێپرسراوەتیی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی گرتە ئەستۆ. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ جاری دووەم بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو بەشداریی لە دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕاندا کرد. لە ناو بزوتنەوەی گۆڕاندا یەکێ لە سەرکردە دیارەکان بوو. ئەندامی جڤاتی نیشتمانی و لێپرسراوی ژوری پەیوەندییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بوو. لە ٢١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٥ دا کۆچی دوایی کرد. لە پرسەنامەکەیدا بۆ بنەماڵەکەی، نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری بزوتنەوەی گۆڕان کوردۆ قاسمی بە «یەکێ لە قارەمانەکانی شۆڕشی کوردستان و یەکێ لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕان» ناسیوەو وای دەربڕیوە کە لەدەستدانی «بە هەموو تەجروبەو شارەزاییەوە کە هەیبوو، زیانێکی گەورەیە لە خەباتی گەلەکەمان».

بابەتی پەیوەندیدار:

*خوێنی شەهیدان (ڕێکخراو).

*هەڵۆی سور (ڕێکخراو).

## کۆڕەش (تیپ)

تیپی ٦١ ی کۆڕەش. تیپێکە لە ساڵی ١٩٨٢ دا، دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، دامەزراوە. تیپەکە لە بەشێکی سنوری هەرێمی ٦ ی پشدەر پێك هێنرا، بەڵام لە کاتی پێکهێنانی تیپەکەدا سنورێکی وردی بۆ دیاری نەکرا، بۆیە سنورەکەی لە هەندێ شوێن تێکەڵ بە سنوری چەند تیپێکی تر دەبوو. سنوری تیپەکە بە مەزەندەکراوی، لە لایەك لە گوندی هەڵشۆوە تا گوندی قەڵاتوکان ڕۆییوەو لە لایەکی ترەوە لە بناری چیای قەندیلەوە تا سەنگەسەر درێژ بۆتەوە.

تیپەکە دوو فەرماندەی هەیە. یەکەم فەرماندەی محەمەد وەتمانە کە پێشتر فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی ٦ ی پشدەر. پاش پێکهێنانی تیپەکە، یەکەم ئۆپەراسیۆنی گەورە کە تیپەکە بەشداریی تێدا کردووە، ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوانە کە تێیدا هاوپەیمانییەك لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕاگرتنی پێشڕەویی سوپای پاسدارانی ئێران هاتە ئاراوە. تیپەکە بە فەرماندەیی محەمەد وەتمان ڕۆڵێکی کارای لە بەرەکانی ئاڵوەتان و میراوا گێڕا.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا محەمەد وەتمان بە پلەی فەرماندەی تیپ بۆ تیپی ٧٩ ی سادر گوێزرایەوەو فەرماندەیی تیپی ٦١ ی کۆڕەش بە ڕەسول حاجی شێخە سپێردرا.

ناوی تیپەکە لە چیای کۆڕەشەوە وەرگیراوە کە بەشێکە لە زنجیرەی گەلاڵە. چەند کادیرێك لەو تیپە وەك ڕابەری سیاسی کاریان کردووە لەوانە محەمەد یوسف، هەمزە حەمە شێنێیی. هەروەها چەند فەرماندەیەکی کەرتی هەبوە کە ڕۆڵێکی دیاریان لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی تیپەکەدا هەبوە لەوانە ڕەسول حاجی سورە، فەقێ عەلی، حەسەن عەبدوڵڵا سمایل، برایم ئەحمەد.

## کورە کاژاو (تیپ)

تیپی ٣٥ی کورە کاژاو. تیپێکە ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوە. پاش پەیوەندی کردنی فەوجی ٧٠ی بەرگریی نیشتمانی بە هێزی پێشمەرگەوە لە ٢٠ی ئایاری ١٩٨٧، تیپێك بە ناوی تیپی ٣٥ی

کوڕە کاژاوەوە لە چەکدارانی ئەو فەوجە پێك هێنرا و بەرپرسی فەوجەکە محەمەد مۆریاسی کرایە فەرماندەی. تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ٢١ی ئایاردا لە بروسکەیەکدا کە لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان خوێنرایەوە و دواتریش لە رۆژنامەی «رێبازی نوێ» بڵاوکرایەوە، بەخێرهاتنی مۆریاسیی کردو هەڵوێستەکەی بە هەڵوێستێکی «کوردانەو دڵسۆزانە» ناو برد.

ژمارەی مەزەندەکراوی پێشمەرگەکانی تیپەکە ٢٥٠ پێشمەرگە بوو. یەکەم بارەگای لەگوندی ئەستێلی خواروو دانرا و فەرماندەکانی چوار کەرتەکەی ئەمانە بون: غەریب دۆڵەچەوتی، فەرهاد ژاژڵەیی، بورهان مەستەکانی، عوسمان مکلّیو تۆفیقە رەش. جێگرانی سەرتیپ هاوڕێ کامەرانو عەبدولڕەحمانە سور مۆریاسی بون.

سنوری چالاکیی تیپەکە ناوچەکانی قەرەداغو شارەزوری گرتۆتەوە بەڵام تیپەکە لە دەرەوەی سنوری دیاریکراوی خۆیدا بەشدار بوو لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا لەوانە شەڕەکانی چیای کاروخو گەروی مەنجەڵو کوڕەکو قەندیل لە سنوری مەڵبەندی سێ. لە سنوری خۆیدا تیپەکە بەشدار بوو لە چەند ئۆپەراسیونێکی گەورە لەوانە ئۆپەراسیونەکانی گڵەزەردە، عەربەت، بەرانان و گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ. لەم شەڕانەدا دوو فەرماندەی کەرت بە ناوی عەبدولڕەحمانە سور مۆریاسی لە شەڕی بەرانانو فەرهاد ژاژڵەیی لە شەڕی گەروی مەنجەڵ شەهید بوون، جگە لەوەی کە ئەم تیپە بەشدار بووە لەگرتنی شاری هەڵەبجە.

ساڵی ١٩٨٨ تیپەکە، لەسەر داوای سەرکردایەتی، بارەگای خۆی بردە گوندی گۆخلانی ناوچەی شلێر لەدیوی ئێران بۆ رێکخستنی پرۆسەی گواستنەوەی چەك و تفاقی جەنگی لە ئێرانەوە بۆ سنوری مەڵبەندی یەك. ئەم کارە لەو سەردەمەدا کە تێیدا جەنگی عیراق- ئێران بەرەو کۆتایی دەڕۆیی، بایەخێکی زۆری هەبوو.

## کۆڕێ (شەڕ)

دوایین شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عیراق لە پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٩١پێش دەستپێکردنی وتووێژ لە نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق.

پاش ئەوەی هێزەکانی عیراق لە ٤ی نیسانی ١٩٩١ شاری هەولێریان گرت، هێزەکانی بەرەی کوردستانی بەرەو پیرمام کشانەوە. لە ٧ی نیساندا هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی تانك هێرشیان کردە سەر بەرزاییەکانی پیرمام، توانییان دەست بەسەر پیرمامدا بگرنو لەوێوە بە خێرایی داکشانە سەر دەربەندی کۆڕێ بۆ گرتنی دەربەندەکە پێش ئەوەی هێزی پێشمەرگە خۆی رێك بخاتەوە.

لە دەربەندی کۆڕێ هێزەکانی عیراق کەوتنە بۆسەوەو ژمارەیەکی زۆر سەربازیان لێ کوژرا. یەك تانك و دوو زرێپۆش کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگەوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە کاتی شەڕەکەدا لەکار کەوتبون، سوتێنران. چەردەیەك چەك و تەقەمەنیش دەستی بەسەردا گیرا. راگرتنی پێشڕەوییەکەی هێزەکانی عیراق، ناچاری کردن چەند کیلۆ مەترێك بکشێنەوە دواوە.

سەعات ٥,٣٠ ی رۆژی ١١ی نیسان هێرشی دووەمی هێزەکانی عیراق بۆ سەر دەربەندی کۆڕێ دەستی پێ کرد. لە سەرەتادا هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەر بەرزاییەکانی رۆژئاوای چیای کۆڕێدا گرتو لە هەندێ قۆڵیشەوە پێشڕەوییان کرد. بەڵام زۆری نەبرد هێزی پێشمەرگە بەرزاییەکانی رۆژئاوای چیای

کۆڕێی لە هێزەکانی عیراق سەندەوەو لە دەربەندەکەش هێرشەکەی هێزەکانی عیراق تێك شکا و ژمارەیەکی زۆر سەرباز کوژران، یەك تانكو ٢ زرێپۆشیش کەوتنە بەردەست هێزی پێشمەرگەوە، سەرباری ژمارەیەکی زۆر چەكو تەقەمەنی.

شەڕەکە بە فەرماندەیی کۆسرەت رەسول عەلی بەڕێوە چوو. زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی کە لەم شەڕەدا بەشدار بون، هێزی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بون. لە پاڵ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بزوتنەوەی ئیسلامی، پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان رۆڵی کارایان گێڕا. شەڕەکە ١١ شەهیدی لێ کەوتەوە، لەوانە ٩ پێشمەرگە سەر بە یەکێتی بون.

شەڕی کۆڕێ پێشرەوەیی هێزەکانی عیراقی راگرت. لە دوای ئەم شەڕە، خولێکی دورو درێژی وتوویژ لە نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عیراق دەستی پێکرد کە بە هیچ سەرەنجامێك نەگەیشت. پەیامی سەرەکیی شەڕی کۆڕێ ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە، سەرەڕای شکستی راپەرینی ١٩٩١، هێشتا توانای شەڕکردنی هەیە.

## پاشکۆ ژمارە ١

## یاداشتی شەڕ لە شەڕگەی کۆڕێ وتارێکە حەسەن کوێستانی نوسیویەتی

أ- گرنگیی شەڕەکە لەوێ رۆژێدا:

روداوەکان زۆر بەخێرایی بەرەو پێشەوە دەچونو ئاڵوگۆڕەکان لەکاتو ساتێکدا رویان دەدا. ئەوێ رۆژێ راپەڕیوە شۆڕشگێڕەکان لە باشوری عیراقدا لای هێزەکانی رژێم سەرکوت کرابون و بەهەزاران شەهیدو زامدارو ئاوارە بون. چرای سەوز بۆ رژێم هەڵکرا بوو. هیچ جۆرە پشتیوانێکی ئەوتۆ لە دنیادا بۆ راپەڕیوەکانی کوردو جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان نەبوو. دەرگای هیچ وڵاتێك بۆ هاوکاریو یارمەتی نەکرابۆوە. هێزە شکستخواردووەکەی جەللادەکەی بەغدا بەرەو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی راستەقینەی گەل بەڕێ کرابوو. کارەسات و روداوە جەرگبڕەکانی کوردستان لەبەر چاوی کۆمەڵانی خەڵك بوو، کۆڕەوە بەکۆمەڵەکە ماوەی چەند رۆژێ بوو دەستی پێ کردبوو، ئەو کۆڕەوەی لە مێژوی دنیادا وێنەی کەم بوو و ویژدانی مرۆڤایەتیی هەژاند لە سەراپای جیهاندا. گشت ئەوانەی پەرۆشی ئاشتیو مرۆڤو مرۆڤایەتی بون، دەنگی ناڕەزاییان بەرز کردەوە. ئەوەی لە سەرەتادا پێشوازیی لە کۆڕەوە چەند ملیۆنییەکە کرد تەنها سەنگەری هەمیشەی پێشمەرگە خۆڕاگرەکانی کوردستان بوو کە خۆی لە کێوە سەرکەشەکانو دۆڵو ئەشکەوتو قەد پاڵی چیا بەرزەکانی کوردستانو رۆڵەکانی هاوڕەگەزی کورد بوو لە سنورو پارچە لەیەکدابڕاوەکانی کوردستان. تەمی ژەهراویو بێ ئومێدی ئاسمانی کوردستانی داگرتبوو. ئەم دیمەنو روداوە ئاوێتەی روداوەکانی رۆژانی فەرمانڕەواییو دەسەڵاتی عەفلەقییەکانی دەهێنایەوە بەرچاو و لە مێشکی هەر یەکێ دەخولایەوە. لەو رۆژگارەدا دانانی نەخشەو پلان بۆ بەرەنگاریی شاڵاوی هێزەکانی دوژمن کارێکی ئاسان نەبوو. تەقینەوەی یەك نارنجۆك لە بەردەم هێزەکانی رژێم بورکانێ بوو. بۆیە شەڕەکە خۆی لە خۆیدا گرنگیی تایبەتی هەیەو وەرچەرخانێك بوو لەو رۆژگارەدا و نابێ لەگەڵ نەبەردە بێ سنورەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەسەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەراود بکرێ چونکە بەهیچ پێوەرو جۆرێك لەگەڵ شەڕەکانی داستانی رزگاریو قەیوان ـ ماوەت

و مەڵبەندی سێ‌و گەرمیان و کەرکوك و پێدەشتەکانی هەولێرو مامەندەو قەندیل‌و دەیان‌و بگرە سەدان شەڕی تردا بەراورد ناکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەم شەڕەدا سنور بۆ بیرکردنەوەو شاڵاوەکانی دوژمن دانرا. لەم شەڕەدا ئومێد بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەی کۆچ کردوو گەڕایەوە. لەم شەڕەدا سەلمێنرایەوە کە کورد ئامادەیە قوربانی لەپێناوی بەدی هێنانی دوا ئامانجەکانیدا بداو وەڵامێکی گەورەش بوو بۆ دوژمنان لەو بارودۆخە سەختەدا.

ب- چۆنێتیی شەڕی یەکەمی کۆڕێ:

لە بەرەبەیانی ۷ی نیسانی ۱۹۹۱ دوژمن لە ڕێگەی سەرەکیی هەولێر ـ شەقڵاوە دەستی بە هێرشی ئاسمانی‌و زەوینی کرد بەگشت توانایەکی سەربازی. هەندێ بەرگری لەگردۆڵکەکانی لای گوندی مەلا ئۆمەر کرا. زۆری نەخایاند گەیشتە سەر گردەکانی خانزاد. بۆردومانی ئاسمانی لە لایەن فڕۆکەکانی ڕژێمەوە بۆ سەر زنجیرەی چیای پیرمام دەستی پێ کرد. تۆپە دورهاوێژەکان بە هەمان جۆر. ڕەتلی پێنجەمی دوژمن بۆ شەڕی دەرونی‌و پروپاگەندەی ژەهراوی‌و بەکارهێنانی هاوەن لە هاوینە هەواری سەلاحەددین دەستبەکار بوو. هێزەکانی بەرەی کوردستانی دابەش کرا بون بۆ بەرگری لە شاڵاوەکانی دوژمن‌و هەر قۆڵێك فەرماندەیەکی لە ئاستی سەرکردایەتی بۆ دیاری کرابوو. جێگەی داخە دوژمن وردە وردە سەر کەوت تا گەیشتە سەر پیرمام. هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە چەند قۆڵێکەوە بڕیاری کشانەوەیان دا. زۆربەی لێپرسراو و فەرماندەکان لە دوای نیوەڕۆ لەدەربەندی کۆڕێ یەکیان گرتەوە. لەوێ بڕیار درا دوو هێڵی بەهێز دروست بکرێ. یەکەم لە دەربەندی کۆڕێ‌و زنجیرەی چیای ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا کە لەسەر نەخشە بەچیای سپی‌و چیای زێوکە ناو دەبرێن‌و بەشەکەی تری وەك هێڵی دووەم‌و پشتیوانی لە زنجیرەی چیای سەفین.

لێرەدا پرسیارێ دەهاتە پێشەوە: کێ بڕیارەکە جێبەجێ بکا؟ فەرماندەکان لە هێزەکان دابڕا بون‌و سەرکردەکان تەنیا دەستەکانی خۆیان لا بوو. شیرازەی پەیوەندیی هێزەکان لەگەڵ یەکتریدا پچڕا بوو. خێزانی تێکۆشەرەکان بێ سەروشوێن یان منداڵ بەکۆڵ بەرەو سنور. زۆر لە فەرماندەکانمان دواند.

لە سیمای دەموچاو و وەڵامدانەوەکانیان دەرکەوت کە ناتوانرێ بەرگری بکرێ. هێزەکەی دوژمن لەپردی کۆڕێ نزیك کەوتەوە. سەردانی پێشمەرگەکانی ناو کۆڕێمان کرد، لەوێ گەڕاینەوە بۆ دەربەندی کۆڕێ بۆ کۆنە سەنگەرەکەی دوژمن لە ئاستی چاکی شێرەسوار کە لەسەر گردۆڵکەی نێوانی دەربەندی کۆڕێ‌و حوجران دایە. لەوێ کاك حەمید ئەفەندیم بینی. پێم وت «ئەوا کاك ڕێباز (ڕەفعەت عەبدوڵلا پیرداود)و برادەران لە ناو کۆڕێن‌و کاك سەفین مەلا قەرە لە چیای زێوەوە بۆ دەربەندەکە دێ‌و کاك ڕەحمان سەیدەو برادەران لە ناو دار سنۆبەرەکانی چاکی شێرەسوارانن و ئەوا خۆم‌و کاك زیاد خۆرانی‌و کاك دڵشادی مام شەریف و کاك یوسف برایم لێرەین‌و هەمویان فەرماندەی چاك‌و ئازان، بەڵکو هیممەت بکەی هێزەکانی خۆتان بۆ سەر چیاکە (چیای کانی گردەچاڵ) سەر بخەیت». کاك حەمید ئەفەندی وتی «ئەوا لە قەدپاڵەکە کاك دکتۆر سەعیدو هەندێ پێشمەرگە سەر دەکەون و وا عالکەش بۆ بەردەکانی پێش خۆمان دەڕوا».

ئێمە لەگەڵ کاك حەمید ئەفەندی لە سەنگەردا ماینەوە، خەریکی ئامادەکردنی ئارپیجی‌و چاوەڕوانی گەیشتنی هێزەکان بوین بۆ شوێنی خۆیان. لەپڕ گرم‌و هوڕو دوکەڵی دەبابەکان لەدەربەندەکە دەرکەوت. لەیەك دەستڕێژی هەمەلایەنەدا سەربازە ترسنۆکەکانی ڕژێم زرێپۆش‌و تانکەکانیان بەجێ هێشت‌و هاوزەمان

تۆپباران دەستی پێکرد. نزیکەی سەعاتێ شەڕ سەخت بوو. تەقەمەنییەکانمان زۆر کەم بوو. ناردمان لەسەر مەیدانی شەقڵاوە لە بنکەی کاک کارزان بۆمان هات. زۆری نەبرد کاک کۆسرەت رەسول عەلی گەیشتە لامان، راستەوخۆ دەستی دایە کلاشنکۆفو بە تەقە دایگرتن. هێزەکانمان لە سەرکەوتن و زیادبوندا بون. دوای راوێژی سەرپێیی بڕیارمان دا پەلاماری تانکەکانو سوپا شکاوەکەی دوژمن بدەین.

ئەوەی لە یادم بێت ئەم فەرماندانە لەڕیزی پێشەوەی پەلاماردەراندا بون: حەسەن کوێستانی، تەحسین کاوانی، زیاد خۆرانی، دڵشاد مام شەریف، رەحمان سەیدە، رەسول فەندە، دکتۆر سەعید، عالکەو چەندین پێشمەرگەی دڵسۆزی تر وەك جەعفەر مام زرار، نوری، رەزۆر مەلا کەریم. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەیان لاشە لەهێزەکانی دوژمن خران. هێزەکانی دوژمن تا ئەو بەری پردەکە راو نران. سێ تانكو چەند سەیارەیەکی پڕ تاڵانیی سەربازە فاشییەکان کە لە ناوچەکانی دهۆك و زاخۆیان هێنابون کەوتە دەست پێشمەرگە، تەنانەت تانکەکان چەندین جیهازی ڤیدیۆو کامیرای بەنرخیان تێدا بوو.

لەگەڵ ئاوابونی رۆژ هەموو لایەك لەگوندی حوجران یەکمان گرتەوە. سەنگەرەکانمان بەهێز کرد. چەندین بروسکەی پیرۆزباییمان بۆ هات. لەگەڵ لێدانی تەپڵی سەرکەوتن دەیان خاوەن و بەشداربوو بۆ شەڕەکە پەیدا بون. خۆزگە ئەوێ رۆژێ کامیرایەکی باشو کوڕێکی لێزان و ئازا لەوێ بوایە بۆ تۆمارکردنی راستیی روداو و سەروەرییەکان.

لەگەڵ تۆمارکردنی سەرکەوتنی یەکەم بەسەر هێزەکەی دوژمندا، رەواندنەوەی تەمی نائومێدیو پەیدابونی دەنگی دانوستاندن لەگەڵ رژێم، هێزەکان یەکتریان گرتەوە، دەست کرا بە ڕێکخستنەوەیانو دانانی بنکەی تایبەتی مەیدانیو دروست کردنی سەنگەرەکانو دابەش کردنی هێزەکانو دیاریکردنی فەرماندەکانو کۆمەڵێك بڕیار گەڵاڵە بوو، ئەویش بەمجۆرە:

١- دانانی بنکەی تایبەتی لەحوجران و مانەوەی لێپرسراوەکانی راستەوخۆی هێزەکانو لەسەر ئاستی سەرکردایەتی وەك حەسەن کوێستانی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی، حەمید ئەفەندی لە پارتی دیموکراتی کوردستان، سەید کاکە لە حزبی سۆسیالیستی کوردستانو دکتۆر سەردار لە حزبی زەحمەتکێشان.

٢- بنکەی هێزەکان و فەرماندەی بەتالیۆنەکان لە حوجران بێت.

٣- زنجیرەی چیاکانی رۆژهەڵاتی دەربەندی کۆڕێ (چیای سپیو چیای زێوکە) بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دیاری کرا و لە شەقامی سەرەکییەوە بەسەر بەتالیۆنەکانی کاك سەفین مەلا قەرەو کاك ڕێبازو کاك رەحمان سەیدە دابەش کرا. لە سەنگەرەکانیش یەك سەنگەر بە پێشمەرگەی حزبی زەحمەتکێشان سپێردرا.

٤- زنجیرەی چیای رۆژئاوای دەربەندی کۆڕێ (چیای کانی گردەچاڵ) لە شەقامی سەرەکییەوە بەسەر چەند سەنگەرێکدا دابەش کرا و بە پێشمەرگەکانی هەر یەکێ لە حزبەکانی کۆمۆنیستی عیراقو حزبوڵڵاو پارتی دیموکراتی کوردستانو حزبی سۆسیالیستی کوردستانو پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان سپێردرا و دوا سەنگەری رۆژئاوا کاك خالید هەرکی کە فەرماندەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لێی دامەزرا.

٥- بەتالیۆنێکی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەی پیشەسازیی شەقڵاوە لە نێوان گوندی حوجران و کاوانیان بەسەرپەرشتیی کاك عەبدوڵڵا بۆر ئامادە کرا و هێزێکی تر بە دۆشکاو

دیمترۆڤەوە لە دامێنی چیای سەفین بە ڕوکاری حوجران دانرا.

٦- دوو بنکەی پشتیوانی بۆ بەرەکانی شەڕ دانرا، یەکێك بە سەرپەرشتیی کاك کەریم سنجاری لە دیانا بۆ ناردنی پێشمەرگەو پێداویستییەکانی شەڕو ئیدارەدانی هێزەکان و گەیاندنی کۆمەکو یارمەتی کە هاووڵاتییە نیشتمانپەروەرە کوردەکانی ئەو دیوی سنور بۆیان دەناردین.

٧- لەگەڵ گشت فەرماندەکانی سەنگەری پێشەوە جیهازی پەیوەندی دانرا نهێنییە گشتییەکانی بەسەر فەرماندەکاندا دابەش کران و هێزێکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی لە کاتی پێویستدا ئامادە کرا.

لە لایەکی ترەوە، ڕژێم گوایە پەرۆشی چونی وەفدی وتوویژە، هەر لە هەمان کاتدا تا دەهات هێزی زۆروزەبەندی لە زنجیرەی چیای پیرمام و دەربەندی گۆمەسپانو کۆڕێو ناوچەکە زیاد دەکردو لیوای ١٠ی دەبابەی هێنابوو و دەیانو بگرە سەدان هاوەنی دانابوو، سەرباری پرۆپاگەندەی بێ سنور. ئەوە بوو لەگەڵ بەسەرچونی تارمایی شەو، گزنگی بەیانیی ڕۆژی ١١ی نیسانی ١٩٩١، واتە دوای یەك مانگ پاش ڕزگارکردنی شاری هۆلاکۆشکێنو پایتەختی ئەمڕۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شاڵاوی دڕندانەی خۆی لە چەندین لاوە بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە دەستی پێ کرد. دوژمن توانی زۆربەی سەنگەرەکانی زنجیرەی چیای کانی گردەچاڵ بگرێ. تانکەکان نزیکەی ٢٥٠ مەتر لە دەربەندەکەوە بەرەو لای گوندی حوجران سەرکەوتن. بۆردومانو دەستڕێژی دوژمن لای ڕۆژئاواوە کەوتە سەر گوندی حوجران. کوڕە ئازاکانی کورد پێشمەرگانە کەوتنە پەلاماری پێچەوانە. هێزەکەی دوژمن لەزنجیرەی چیای سپی تێك شکێنرا و لەسەر شەقامەکە دەست بەسەر سێ تانکدا گیرا. لە چەندین قۆڵەوە پەلاماری پێشمەرگە بۆ سەنگەرەکانی دەربەندی کۆڕێو زنجیرەی چیای کانی گردەچاڵ دەستی پێ کرد. هێزەکە لە پیشەسازی بوو، بەسەرپەرشتیی کاك عەبدوڵڵا بۆر بوو. کاك تەحسین کاوانیو مام شوان لەگەڵ سەید کاکە یەکیان گرتەوەو هەر لە ئاستی خۆیانەوە سەر کەوتنو پشتیان لە هێزەکەی دوژمن ستاند. لە ڕوکاری گوندی حوجرانو دەربەندی کۆڕێ لە چوار شوێنەوە بۆی سەرکەوتن. شەڕ تا نزیکەی کاتژمێر دوی پاش نیوەڕۆ درێژەی کێشا. لەگەرمەی شەڕەکەدا کاك کۆسرەت بە هۆی جیهازی بچوکەوە قسەی لەگەڵدا کردم بۆ ئەوەی شوێنی خۆم بگۆڕمو بچمە لای. تۆپبارانەکە زۆر لەسەرمان خەست بوو. لەپڕێکدا یەك زنجیرەی هاوەن یەك لە دوای یەکدا دایگرتینو بوو بەهۆی شەهید بونی دوو تێکۆشەرو چەندین بریندار. یەکێك لە زامدارەکان دکتۆر سەردار بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەدوای شارەزاماندا ناردو یەك تانکمان گواستەوە. ئێستاش (١٩٩٣) لەبەرچاومە کەچۆن کاك سەید خدرو کاك حسێن حاجی بەسەر تانکەوە سرودی سەرکەوتنیان دەوتو بەرەو لای شەقڵاوە دەڕۆیشتن.

لەوێ چوم بۆ لای کاك کۆسرەت لەسەر گردۆڵکەی پشت گوندی حوجران کە جادەی کۆن و نوێ بازنەی لێ کردووە. زۆر خەڵکی لێ بوو. هەر یەکە بە چاوو بەدووربین تەماشای هەڵمەتی پێشمەرگەیان دەکرد کە چۆن پەلامار بۆ سەر هێزەکەی دوژمن دەباو ڕقی پیرۆزیان بەسەر هێزەکانی فاشییەکاندا دەباراند. هاوزەمان وەفدی بەرەی کوردستانی کە لە کاك فەرەیدونو کاك فازڵ میرانی و کاك ئازاد بەرواری و کاك موقەدەم دارا پێکهاتبوو، چاوەڕێی کردنەوەی ڕێگای دەکرد. نمایندەکانی ڕژێم کە بۆ پێشوازی کردن لە وەفدەکەمان هاتبون، لە هاوینەهەواری سەلاحەددینەوە تەماشای شەڕەکەیان دەکرد. دوژمن

بە سەرکەوتنی پێشمەرگەو وەرگرتنەوەی گشت سەنگەرەکان راو نران و هاواریان لێ هەڵساو کەوتنە پەیوەندی کردن بە بێسیمەکەی خۆمان کە پێشمەرگەو هونەرمەند کاک سوڵتان دیهاتی بەکاری دەهێنا. پێشمەرگە لە تۆمارکردنی سەرکەوتندا بوو. ئەم داستانە پڕ شکۆیە بە خوێنی گەشی ١١ شەهید و ٣٧ بریندار تۆمار کرا.

سەرچاوە: حەسەن کوێستانی، یاداشتی شەڕ لە شەڕگەی کۆڕێ، گۆڤاری «سەرهلدان»، ژمارە٣، نیسانی ١٩٩٣، ل ٧ ـ ١٢.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## شەڕی کۆڕێ
### وتارێکە قادر عەزیز نوسیویەتی

رێککەوتنی چادرەکەی سەفوان بۆ وەستاندنی شەڕ لە نێوان هاوپەیمانان و رژێمی عیراق، ئەو دەرفەتەی بە رژێم دا کە بپرژێتە سەر داگیرکردنەوەی شار و شارۆچکە رزگارکراوەکانی باشوری عیراق و کوردستان، بەتایبەتی کە لەو رێککەوتنەدا مافی بەکارهێنانی فڕۆکەی هەلیکۆپتەر بە رژێم درابوو، کە ئەمەش هاوکێشەی هێزی لە شەڕەکاندا بە قازانجی رژێم گۆڕی. رژێم لە رێگەی بەکارهێنانی هەلیکۆپتەرەوە توانی لە ماوەیەکی کورتدا راپەڕینی خەڵکی باشوری عیراق بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە سەرکوت بکات و دواتریش درێژە بە پەلاماردانەکانی بۆ سەر شارو شارۆچکەکانی کوردستان بدات. لەوێ توانی بە هەمان شێوەی باشوری عیراق زۆربەی شارو شارۆچکەکان لە ماوەیەکی کورتدا کۆنترۆڵ بکاتەوە. هێزەکانی بەرەی کوردستانی لەبەر کەمیی ماوە و نەبونی پلانێکی تۆکمە، وەك پێویست توانای بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی رژێمیان نەبوو.

خەڵکی کوردستان لە ترسی تۆڵەکردنەوەی هێزەکانی رژێم و وەك رەتکردنەوەی گەڕانەوەی هێزی داگیرکەر بۆ کوردستان، شارەکانیان چۆڵ کرد و لە کۆڕەوێکی ملیۆنیدا خۆیان گەیاندە سنوری هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا. وێنە تراژیدییەکانی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان لەسەر سنور، رای گشتیی دنیایان هەژاند، بۆیە زۆری نەبرد ئەنجومەنی ئاسایش لە ژێر ئەو فشارەدا بڕیاری ژمارە ٦٨٨ ی بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام و دژە فڕین دەرکرد. رژێم دوای کۆنترۆڵ کردنەوەی شارە گەورەکانی کوردستان و هاوکات لەگەڵ دەرچونی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ هێزەکانی خۆی بۆ سەر سنور جوڵاند. لە هەولێر دوای گرتنەوەی پیرمام و سەری رەش، هێزەکانی بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی شەقڵاوەو رێگای هاملتۆن ئامادە کرد.

لە بەرامبەردا سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی دەبوایە، بە هەر نرخێك بێ، پێشڕەویی هێزەکانی رژێم بوەستێنێ. بۆ ئەمەش باشترین شوێن گەلی کۆڕێ بوو. لە دوای چەند کۆبونەوەیەك لە رەواندز، سارداو و دواجاریش لە باڵەکیان، نەخشەی شەڕەکە بڕیاری لێ درا. کاک مەسعود بارزانی بەرپرسی بەرەی کوردستانی بوو لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك. بەڕێزان کۆسرەت رەسول عەلی، سامی عەبدولڕەحمان، فازل میرانی و قادر عەزیز، وەك ئەندامانی سەرکردایەتیی بەرە هاوکاری بون.

دوا کۆبونەوەی بەرە لە ١٠ی نیسانی ١٩٩١ لە گوندی باڵەکیان لە ماڵی حسێن ئاغای باڵەکیان بەسترا. زانیاریی تەواو هەبوو کە رژێم بەیانی هێرشەکەی دەست پێ دەکات، بۆیە دوای تەواوبونی کۆبونەوەکە من یەکسەر بەرەو خەلیفان بەڕێ کەوتم بۆ ئەوەی ئەو هێزەی لەوێ هەمانە، لەگەڵ هێزێکی

پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان بە فەرماندەیی كاك پاڵە كە لە بارەگاكەی ئێمە بوو، لەگەڵ خۆم ببەم بۆ بەرەی شەڕ. ئێوارە لەگەڵ هەردوو هێزەكە چوینە حوجران كە شوێنی گردبونەوەی هێزەكانی بەرەی كوردستانی بوو.

كاتێك گەیشتینە حوجران، كاك كۆسرەت رەسول عەلی كە سەرپەرشتیی بەرەی شەڕەكەی دەكرد، هێزەكانی دابەش كردبوو. لە رۆژهەڵاتی گەلی كۆڕێ هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی و هێزە هاوبەشەكەی حزبی زەحمەتكێشان و پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان جێگیر كران. رۆژئـاوای بەرەكە بە هێزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و پارتی كۆمۆنیست و حزبی سۆسیالیست سپێردرابوو. وەك چاوەڕوان دەكرا، بەیانییەكەی ١١ی نیسان لە سەعات ٥ دا هێرشەكەی رژێم دەستی پێ كرد. تانكەكانی رژێم لەسەر دەستی قارەمانەكانی هێزی پێشمەرگە تێك شكێندران. چەند تانكێك لە شەڕەكە سوتان و دەست بەسەر هەندێكیاندا گیرا. هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بە فەماندەیی كۆسرەت رەسول عەلی و حەسەن كوێستانی رۆڵێكی گەورەیان لە یەكلایی كردنەوەی شەڕەكەدا هەبوو، هـەروەك هێزەكەی زەحمەتكێشانیش شان بە شانی هێزەكانی یەكێتی رۆڵی كاریگەریان لە شەڕەكەدا بینی، تەنانەت لە گەیشتنە سەر تانكەكانیش. لە بیرمە پێشمەرگەكان لە گەڕانەوەیاندا برێكی زۆر پاكەتی جگەرەی سۆمەر و جل و ماكیاژی ژنانەیان لە ناو یەكێ لە تانكەكان هێنابوو، دیارە سەربازەكانی رژێم لە تاڵانكردنی دوكانەكانی هەولێر دەستیان كەوتبوو. دەبێ ئەوەش بگوترێ كە ئەم سەركەوتنە گەورەیە بە خوێنی ١١ شەهیدی قارەمان هاتۆتە دی كە ٩ ی پێشمەرگەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانن و ٢ی پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامین، هەروەك لە شەڕەكەدا دكتۆر سەردار كە سەرپەرشتیی هێزەكەی حزبی زەحمەتكێشانی دەكرد، بریندار بوو.

بەمجۆرە، شەڕی كۆڕێ وەك نەخشەی بۆ كێشرا بوو، شەڕێكی یەكلاكەرەوە بوو و توانی پێشڕەویی هێزەكانی رژێم لە پارێزگای هەولێر بوەستێنێ. سەركەوتنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لەو شەڕانە، دواجار تەرازوی هێزی بە قازانجی كورد و هێزی پێشمەرگەو بەرەی كوردستانی گۆڕی و رژێمی ناچار بە دانوستاندن كرد.

شكستی دانوستانیش دواجار چەندین هەنگاوی گەورە و مێژوویی بە دوای خۆیدا هێنا لەوانە كشانەوەی ئیداراتی رژێم لە كوردستان و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پێكهێنانی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان و راگەیاندنی فیدرالیزم.

سەرچاوە: كوردستانی نوێ (١٤/ ٤/ ٢٠١٩).

## كۆسار (رۆژنامە)


كۆسار

رۆژنامەیەكی دەوریە

بەشی ڕاگەیاندنی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان دەری دەكات.

ژمارە/ ٢

بشتگیری پارتی كرێكارانی بەریتانیا لە نەتەوەی كورد

كونگرەی پارتی كرێكارانی بەریتانیا لە ١٩٨٢

رۆژنـامـەیـەكـە بـەشـی راگـەیـانـدنـی یەكێتیی شۆڕشگێڕانی كوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ دەری كردووە. بەقەبارەی ٤٠ بە ٣٢سم چاپ كراوە. ناوی سەرنوسەرو دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە بەڵام پێشەوا تاڵەبانی رۆڵی سەرنوسەری تێدا گێڕاوە و بەرپرسی

هونەریی مەحمود خۆشناوە. زۆربەی بابەتەکانی پێشەوا تاڵەبانیو مەحمود خۆشناوو خدر مەعسوم نوسیویانە یان وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. رون نیە چەند ژمارەی لێ دەرچووە بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە چوار ژمارەی لێ دەرچووە.

ناوی رۆژنامەکە خدر مەعسوم پێشنیاری کردووە. بەو هۆیەوە کەزۆربەی ئەوانەی کاریان لە ڕۆژنامەکەدا کردووە کۆیی بون، ناوی «کۆسار» بۆ رۆژنامەکە بە پەسند زانراوە چونکە لەمەوبەر کۆییەکان بەکۆیەیان وتوە کۆسارو لە ناوچەکەدا ئەوە باوە کە بە هەواری سەری چیای هەیبەت سولتان بوترێ کۆسار .

هەلومەرجی سەختی پێشمەرگایەتی دەرفەتێکی لەباری بۆ پاراستنی هەموو ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە نەڕەخساندووە. لەو چوار ژمارەیەی لێی دەرچووە، ئەوە زانراوە کە ژمارەی یەکەمو دووەم لە زەڵێ دەرچون، یەکێکیان لە یەکی کانونی دووەمداو ئەوی تر لە ١٢ی شوباتدا.

رۆژنامەکە زۆرتر رۆژنامەیەکی رۆشنبیری بووەو لە رۆژنامەکانی تر زیاتر بایەخی بەکاریکاتێر داوەو هەروەها وشەی یەکتربڕیشی تێدا بڵاوکراوەتەوە، سەرباری بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی هۆنراوە لەوانە هۆنراوەکانی عەبدوڵڵا پەشێوو ناساندنی هەندێ کەسایەتیی ناوداری جیهان لەوانە مەهاتما گاندی.

## کۆسرەت (تیپ)

تیپی ٩٣ی کۆسرەت. تیپێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێم و قوەتەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان دامەزراوە. پێشتر سنوری تیپەکە بەشێك بووە لە سنوری هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر.

پێکهێنانی تیپەکە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە. قۆناغی یەکەم ساڵی ١٩٧٩ دەست پێ دەکا، کاتێك ناوچەی بیتوێن لە هەرێمی ٧ی باڵەك جیا کرایەوە و لەهەمان کاتدا ناوچەکانی دۆڵی خەلەکان، دەشتی کۆیەو تەقتەق لە سنوری هەرێمی ٨ ی دەشتی هەولێر جیا کرانەوەو لەو چوار ناوچەیە قوەتێك بە ناوی قوەتی حاجی قەڵا پێك هێنرا. پێکهێنانی قوەتەکە لەو ناوچانە، زۆرتر پەیوەندیی بە گەڕانەوەی شەفیق زاهیر کەریم و هاوڕێکانییەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو. شەفیق و هاوڕێکانی ئەندامی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بون. لەگەڵ جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئازاری ١٩٧٩، ئەوانیش لە یەکێتی جیا بونەوە، بەڵام زۆری نەبرد وازیان لە جیابووەکان هێنا و گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەم سەروبەندەدا قوەتێك بە ناوی قوەتی حاجی قەڵاوە پێك هێنرا و فەرماندەییەکەی بە شەفیق سپێردرا.

دوای شەهیدبونی شەفیق زاهیر کەریم لە شەڕی قوڕە بەرازە لە ١١ی ئابی ١٩٧٩، حەمید کەریم شانە جێی گرتەوەو بووە فەرماندەی قوەتەکە. ساڵی دواتر عەزیز رەسول وەك سێیەم فەرماندەی قوەتی حاجی قەڵا فەرماندەیی قوەتەکەی گرتە ئەستۆ و ئەحمەد بڕنەو کرایە جێگری. لە ١٦ی ئابی ١٩٨١دا لە شەڕێکدا لە ناو شاری کۆیە، عەزیز رەسول فەرماندەی قوەتەکە بە سەختی بریندار کرا و جێگرەکەی، ئەحمەد بڕنەو و پێشمەرگەیەك بە ناوی یەکێتی مەجید شەهید بون. عەزیز رەسول لە سۆنگەی سەختیی برینەکەیەوە، بە پەلە رەوانەی ئێران کرا بۆ چارەسەر.

لەقۆناغی دووەمدا مەلا حەسەن کرا بە فەرماندەی قوەتەکەو لە سەردەمی ئەودا ناوی قوەتەکە لە قوەتی حاجی قەڵاوە کرایە قوەتی کۆسرەت. ناوی قوەتەکە لە

چیای کۆسرەتەوە هاتووە کە دەڕوانێتە سەر دەریاچەی دوکان. پێش هەڵوەشاندنەوەی قوەتەکە بە ماوەیەکی کەم، محەمەد مەحمود محەمەد باخ ناسراو بە شەماڵ کرایە فەرماندەی قوەتەکە.

قۆناغی سێیەم ساڵی ١٩٨٢ دەست پێ دەکا، کاتێك لەو ساڵەدا هەرێمەکان هەڵوەشێنرانەوە و لە زۆربەیان چەند تیپێك پێك هێنرا. قوەتەکانیش هەڵوەشێنرانەوە و کران بە تیپ. لەسەر ئەم بنچینەیە، قوەتی کۆسرەت کرایە تیپی ٩٣ی کۆسرەت. سنوری تیپەکە هەمان سنوری قوەتی کۆسرەت بوو. لە دیسپلینی رێکخراوەییدا تیپەکە خرایە سەر مەڵبەندی ٤ کە بارەگاکەی لە ناوچەی خۆشناوەتی بوو.

تیپەکە دوو فەرماندەی هەیە. یەکەمیان محەمەد مەحمود محەمەد باخە کە پێشتر فەرماندەی قوەتەکە بووە، سەرباز ئەحمەدیش کرایە جێگری. لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٣دا محەمەد مەحمود محەمەد باخ و سەرباز ئەحمەد لە سەروبەندی شەڕی ناوخۆدا، هەردوکیان لە بۆسەیەکدا کە هێزەکانی بەرەی جود لە گوندی باداوانی چناران لە نزیك خەلەکان دایاننابوو، لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر شەهید کران. لەم سەروبەندەدا ئەرکی بەڕێوەبردنی تیپەکە، تا ئەو کاتەی فەرماندەی بۆ دیاری دەکرێ، بە شێوەیەکی کاتی بە جەعفەر شێخ مستەفا سپێردرا. دواتر دانا ئەحمەد مەجید فەرماندەی تیپی ٣١ی بەرزنجە گوێزرایەوە بۆ دەشتی کۆیەو فەرماندەیی تیپی ٩٣ی کۆسرەتی پێ سپێردرا. لەم سەروبەندەشدا رەهبەر سەید برایم بەرزنجی لێپرسراوی ناوچەی کۆیەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ناوچەی کۆیەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کرایە جێگری.

تیپەکە لە هەلومەرجێکی سەختدا دامەزرا کە تێیدا لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ باڵیان بەسەر سنورەکەیدا کێشا بوو و دۆخێکی گرژیان هێنا بووە ئاراوە. ساڵی ١٩٨٣ تیپی ٩٣ی کۆسرەت و تیپی ٩٠ی کۆیە لێك دران و لە هەردوکیان تیپێکی تازە بە ناوی تیپی ٩٣ی کۆیە پێك هێنرا.

بەڵام لە ساڵی ١٩٨٤ دا ناوی تیپی کۆسرەت کەوتەوە ناو ناوانەوە، کاتێك تیپێکی تر بە ناوی تیپی ٩٥ی کۆسرەت بە فەرماندەیی شێخ جەنگی شێخ بورهانەددین پێك هێنرا. تیپەکە لەبەر ئەوەی لە ماوەی ئاگربڕ و وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق پێك هێنرابوو، هیچ چالاکییەکی عەسکەریی لەو ماوەیەدا بۆ خۆی تۆمار نەکرد. سنوری تیپەکە تەنها چیای کۆسرەتی گرتۆتەوە. پاش هەڵوەشانەوەی وتووێژ لە کانونی دووەمی ١٩٨٥، ستراتیجێکی تازە بۆ قۆناغی پاش وتووێژ دانرا و لەم سەروبەندەدا هێزی پێشمەرگە رێك خرایەوەو سنوری هەندێ لە تیپەکان دەستکاری کرا. بەپێی ستراتیجی تازە، تیپی ٩٥ی کۆسرەت هەڵوەشایەوە، بناری هەردوو دیوی چیای کۆسرەت خرایە سەر سنوری تیپی ٩٩ی بیتوێن و چەند تیپێك لە ناوچەکە بۆ دابین کردنی رێوبانەکانی جموجوڵی هێزی پێشمەرگە پێك هێنران.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆیە (تیپ).

## کۆسرەت رەسوڵ عەلی



ئەندامی سەرکردایەتی و جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی شیواشۆکی گەورەی سەر بە قەزای کۆیە. ساڵی ١٩٦٨ خوێندنی

سەرەتایی لە خوێندنگەی ئیبن خەلەکان لە هەولێر تەواو کرد و هەر لەو ساڵەشدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧١ ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردو بۆ خوێندن لە پەیمانگای کشتوکاڵ، ڕەوانەی بولگاریا کرا.

پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٧٤، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە بواری ڕێکخستندا کاری کردو ساڵی دواتر بووە ئەندامی ناوچە. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێرو لە کۆتایی ئەو ساڵە بە هۆی عەبدولڕەزاق محەمەد عومەرەوە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٦ لە سایلۆی هەولێر بە فەرمانبەر دامەزرا و لەوێ چەند پلەیەکی بڕی و گەیشتە پلەی یاریدەدەری لێپرساوی گەنجینەو دواتر بووە لێپرساوی گەنجینەو جێگری بەڕێوەبەر.

لە ٢٤ی نیسانی ئەو ساڵەدا لەگەڵ هەر یەک لە ڕەئوف ئاکرەیی، شوان عەلی، محەمەد خورشیدو لەتیف عومەر مستەفا بەشدار بوو لەو کۆبوونەوەیەی کە لە شاری کەرکوك بەسترا و پێکهێنانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانی لێ کەوتەوە.

لەشالاوی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٧ی دەزگا ئەمنییەکان دژ بە ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی هەرێمی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، دەستگیر کرا. پاش چوار مانگ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان، بە هۆی ئاستی بەرزی خۆڕاگرییەوەو بە هۆی ئەوەشەوە کە هیچ نهێنییەکی نەدرکاندو هیچیشی لەسەر نەسەلمێنرا، لە مانگی ئەیلولدا ئازاد کرا. پاش ئازاد بوونی، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانەوە کردەوەو درێژەی بە هەڵسوڕانی نهێنیی دا.

ساڵی ١٩٨٠ لێپرساوەتیی ڕێکخراوی کۆمەڵەی لە هەولێر گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨١ بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆی کۆمەڵە لە شارەکان.

لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە کە لە تەموزی ساڵی ١٩٨٤ لە هەواری کانی سێوی مێرگەپان لە بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و لەم سۆنگەیەوە دەبوایە واز لە شار بێنێ و پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکا. لە ١٤ی ئەیلولدا لە فەرمانگە دابڕا و لە سورداش گیرسایەوە کە لەو کاتەدا بارەگای مەکتەبی سیاسی و سکرتێری گشتیی یەکێتیی لێ بوو.

ساڵی ١٩٨٥ لە سەروبەندی ناکامیی وتوویژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق و دەستپێکردنەوەی شەڕ، بووە لێپرساوی مەڵبەندی ٤ و لەگوندی سماقوڵی گیرسایەوە و لەوێ بارەگای دانا. هەر ئەو ساڵە لە بۆردومانی هەلیکۆپتەردا بە سەختی بریندار بوو. پاش ئەوەی مەڵبەندی ٣ و ٤ یەك خران و کرانە یەك مەڵبەند بە ناوی مەڵبەندی ٣، کرایە لێپرساوی مەڵبەندەکەو لەو ماوەیەدا گوڕو تینێکی زۆری بە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دا و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی گەیاندە ناو شاری هەولێرو سەر ڕێگای هەولێر- موسڵ.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، بەرەی کوردستانی لێپرساوەتیی ڕزگارکردنی شاری هەولێری پێ سپارد. پاش ڕزگارکردنی هەولێر، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شاری کەرکوکدا بینی. هەر ئەو ساڵە، پاش ئەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس کەرکوك و هەولێریان گرتەوە، رابەرایەتیی بزووتنەوەی بەرگریی کردو لە شەڕی کۆڕێ لە نێوان پیرمام و شەقڵاوە، پێشڕەویی هێزەکانی ڕژێمی ڕاگرت و زیانێکی گەورەی پێ گەیاندن. دوا بە دوای

دەستپێکردنی وتوویژ لە نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عیراق، بووە لێپرسراوی بەرەی کوردستانی لە سنوری پارێزگای هەولێر.

لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٢ بەرپرسی هەردوو مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەو ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بوو. ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پاشان بووە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی.

لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢، بە ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی سەوز هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٣ پاش دەست لەکارکێشانەوەی دکتۆر فوئاد مەعسوم، یەکەم سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێپرسراوەتیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ سپێردرا و هەر لەو ساڵەدا بڕیار درا ببێ بە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کە بەپێی پرۆژەکە نیاز وابوو لە هەشت ئەندام پێك بێ. لە ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦، بەرگریی لە شاری هەولێر کردو لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی تۆڵەدا کە تێیدا هێزەکانی یەکێتی، هەولێری لێ دەرچێ، هەموو ناوچە لەدەستدراوەکانیان سەندەوە، ڕۆڵێکی کارا و کاریگەری بینی.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٦- ٢٠٠١ لێپرسراوەتیی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتە ئەستۆو لەو ماوەیەدا، لە ساڵی ١٩٩٧، لە قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی تۆڵەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاو لە شەڕەکانی دۆڵی هیران و نازەنین بریندار بوو.

ساڵی ٢٠٠١ دەستی لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کێشایەوەو بووە لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی. ساڵی ٢٠٠٦، پاش دەست لەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفا، بووە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی. لە پاڵ ئەوەی کە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی بوو، لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٦- ٢٠٠٩ بووە جێگری سەرۆکی هەرێم و لە نیسانی ساڵی ٢٠١٢ هەمان پۆستی پێ سپێردرایەوە.

لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦دا، بەرامبەر بە بەشداریی کارای لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆرو هەوڵەکانی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ، هەرێمی تۆسکانای ئیتالیا خەڵاتی زێڕینی پیکاسۆی پێشکەش کرد کە خەڵاتێکە ساڵانە بە یەکێك لەو کەسایەتییانە دەدرێ کە ڕۆڵیان لە پاراستن و پشتگیری کردنی مافی مرۆڤ هەیە.

لە ١٧ی ئازاری ٢٠١٨دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاری دا تا بەستنی کۆنگرەی چوارەم تەواوی دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتیی پێ ببەخشێ بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی سەرجەم دامودەزگاکانی حزب بکات.

چاکترین و تێروتەسەلترین سەرچاوە دەربارەی ژیان و مێژوی سیاسیی، ئەو کتێبەیە کە دکتۆر مەغدید سەپان لە ساڵی ٢٠١٩ دا بە ناونیشانی «کۆسرەت ڕەسول پێشمەرگەیەکی دێرین و سەرکردەیەکی مەزن: خەبات و ژیاننامە» دەری کردووە. بەشێکی زۆری کتێبەکە بە زنجیرەیەك چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێیانی تافی منداڵی و خوێندنگەو پێشمەرگایەتیی پێکەوە نراوە، سەرباری ئەوەی کە کتێبەکە هەموو ئەو نوسین و وتارانەی لە خۆ گرتووە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢-٢٠١١ لەسەری نوسراون.

لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی چوارەمدا لە ساڵی ٢٠١٩، پێشنیاری پێکهێنانی ئەنجومەنێکی کرد کە لە ئەندامانی خولی پێشووی مەکتەبی سیاسی پێك بێت، بۆ بەشداریکردن لە پاراستنی قەوارە

و بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بیرۆکەکە سەرنجڕاکێش و تازە بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بە رواڵەت ناڕۆشن بوو، بەتایبەتی کە هیچ دەقێك نەبوو دەسەڵاتەکانی دیاری بکات و شێوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی رێك بخات، بەڵام لە بەرامبەردا پێشنیارەکە دەریچەیەکی بۆ تێپەڕاندنی هەندێ گیروگرفت پێکهێنا. دواتر ئەنجومەنەکە ناو نرا ئەنجومەنی باڵای سیاسی.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، پڕۆژەی ئەنجومەنی باڵای سیاسی تێپەڕی و کۆسرەت رەسول عەلی بە سەرۆکی هەڵبژێردرا و هەر خۆیشی، پاش هەڵبژاردنی بە سەرۆکی ئەنجومەنەکە، ناوی یەکە یەکەی ئەندامانی ئەنجومەنەکەی خوێندەوە و متمانەی کۆنگرەی بۆ وەرگرتن.

## پاشکۆ

## پرۆژەی ئەنجومەنی باڵای سیاسی

ئەنجومەنی باڵای سیاسی ئەنجومەنێکە لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩ بڕیاری پێکهێنانی دراوە. بیرۆکەی پێکهێنانی ئەنجومەنەکە، پێش بەستنی کۆنگرە بە ماوەیەکی کەم، لە لایەن کۆسرەت رەسول عەلیی جێگری سکرتێری گشتییەوە پێشنیار کرا. ئامانجی پێشنیارەکە کۆکردنەوەی کادیرە سەرکردەییە بەئەزموونەکان بوو لە ئەنجومەنێکدا کە گوزارشت لە جیهانبینیی نەوە دێرینەکەی حزب بکات و بەشداری پێ کردنی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە گرنگەکاندا دەستەبەر بکات. جگە لەوە، پێکهێنانی ئەنجومەنەکە، لە گەوهەردا، چارەسەرێك بوو بۆ هەندێ لە کێشەکانی ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی.

چەند تایتڵێك بۆ ئەنجومەنەکە پێشنیار کران لەوانە دەستەی باڵا، دەستەی پاراستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەنجومەنی دانایان، ئەنجومەنی باڵای دانایان، ئەنجومەنی ئەزموونداران، دەستەی پاراستنی قەوارەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە پڕۆژە بەراییەکەدا وا دانرا بوو ئەنجومەنەکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، ئەندامانی پێشوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند پێك بێت. واش دانرا بوو هەر ئەندامێك لەو گروپانە، لە کۆنگرە خۆی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی کاندید بکات، مافی خۆکاندیدکردن بۆ ئەنجومەنی سیاسیی باڵا لەدەست دەدا.

بەپێی پلانی بەرایی، وا دانرا بوو پڕۆژەی ئەنجومەنەکە لە کۆنگرەی تاوتوێ بکرێ و بڕیاری لێ بدرێ و پاشان، دوای کۆنگرە، لە ماوەی ٤٥ رۆژدا پێك بهێنرێ.

لە دوا هەفتەی پێش کۆنگرە، گۆڕان بەسەر تێڕوانینەکاندا هات و بڕیار درا ئەنجومەنەکە ناو بنرێ ئەنجومەنی باڵای سیاسی. هەروەها لە رەوتی گفتوگۆکاندا مەسەلەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە ئەنجومەکە تەنها لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کۆنگرەی سێیەم و ژمارەیەك کادیری پێشکەوتوو پێك بهێنرێ. دواتر، مەسەلەکە هاتە سەر ئەوەی کە ئەنجومەنە تەنها لەو ١١ ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پێك بهێنرێ کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ساڵی ٢٠١٠ لە یەکەم کۆبونەوەی پاش کۆنگرەی سێیەم هەڵی بژاردون. لە رەوتی گفتوگۆکاندا هەر یەك لە عەدنان موفتی، ئەرسەلان بایز، هێرۆ برایم ئەحمەد، عومەر فەتاح، مەلا بەختیار، قادر حەمە جان و جەعفەر شێخ مستەفا ئامادەیی ئەوەیان دەربڕی کە ببن بە ئەندامی ئەنجومەنەکە. ئەوانی تر، هەر یەك لە عیماد ئەحمەد، رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە ڕەش

و مەحمود سەنگاوی پێیان باش بوو خۆیان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی کاندید بکەن.

لە کۆنگرەی چوارەمدا چارەنوسی پڕۆژەکە یەکلا کرایەوە. لە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەدا لە ٢١ی کانونی یەکەم پڕۆژەی ئەنجومەنی باڵای سیاسی تاوتوێ کرا، بڕیار درا ئەنجومەنەکە بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت رەسول عەلی لە ٧ تا ٩ ئەندام پێك بێ. ئەندامەکانیش ئەمانەن: مەلا بەختیار، عەدنان موفتی، جەعفەر شێخ مستەفا، عومەر فەتاح، قادر حەمە جان، ئەرسەلان بایز، هێرۆ برایم ئەحمەد و دلێر سەید مەجید. بە خوێندنەوەی ناوی هەشت ئەندامەکەی ئەنجومەن، هەمویان بە یەك پاکێج متمانە و رەزامەندیی کۆنگرەیان بەدەست هێنا.

سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە و شێوەی هەماهەنگیی لەگەڵ دەزگاکانی تر، بڕیار درا پاش کۆنگرە نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆ ببنەوە و پێکەوە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە دیاری بکەن.

لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ دا ئەنجومەنی باڵای سیاسی یەکەم کۆبونەوەی بەست و بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد، تێیدا هاتبوو کە «ئەنجومەنی باڵای سیاسی سور دەبێ لەسەر جێبەجێکردنی بڕیار و بەرنامەکانی کۆنگرە. لە رێی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەشەوە، یەکێتی لە حکومەتی عیراق و کوردستان دەتوانێ داکۆکیی راستەقینە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك بکات».

لە ١٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠دا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی باڵای سیاسیدا کە بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت رەسول عەلی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بەسترا، پرسی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن تاوتوێ کرا و هەر یەك لە مەلا بەختیار، قادر حەمە جان و دلێر سەید مەجید راسپێردران ئەم پرسە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی تاوتوێ بکەن. لە رۆژانی داهاتوودا ئەنجومەنی باڵای سیاسی سەرقاڵی دانانی پەیڕەوێکی ناوخۆ بوو بۆ رێکخستنی کاروبار و دەسەڵاتەکانی خۆی. لە ٢٧ی کانونی دووەمدا وا دانرا بوو نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێکی هێنا بوو، کۆ ببنەوە. بەڵام کۆبونەوەکە نەکرا چونکە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی ئامادە نەبون.

ئەنجومەنی باڵای سیاسی پەیڕەوێکی ناوخۆی بۆ رایی کردنی کارەکانی خۆی ئامادە کرد بوو و تێیدا دەسەڵاتێکی زۆری بە خۆی دابو بە چەشنێك کە بە هۆیەوە دوانەییەك لە دەسەڵاتەکانی تایبەت بە راپەڕاندنی کاروباری گشتی دروست دەبوو. لە ١ی شوباتدا نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی لە دوو دیداردا، بە جیا لەگەڵ هەر یەك لە فەرید ئەسەسەرد سەرۆکی لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ و مستەفا چاوڕەش رێکخەری کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، کۆ بونەوەو داوایان کرد کۆبونەوەیەك لەگەڵ نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ رێککەوتن لەسەر دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و چەسپاندنی ئەو دەسەڵاتانە لە پەیڕەوی ناوخۆ، رێك بخرێ.

ئەم داوایە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی تاوتوێ کرا و بڕیار درا تیمێك لە هەر یەك لە شاناز برایم ئەحمەد، لاهور شێخ جەنگی، سەردار هەرکی، دکتۆر میران محەمەد عەباس و رزگار عەلی حەمە جان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای سیاسی پێك بهێنرێ. بەڵام لەبەر سەرقاڵبونی هەندێ لە ئەندامانی تیمەکە بە هەندێ کارەوە، دیدارەکە دوا کەوت.

لە ٩ی شوباتدا ئەنجومەنی باڵای سیاسی بە

نوسراو داوای لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرد تیمێك بۆ گفتوگۆ لەسەر دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی پێك بێنێ. نامەکە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی خوێندرایەوە و هەر یەك لە سەردار هەرکی، شاناز برایم ئەحمەد و باڤڵ تاڵەبانی راسپێردران لە دیدارەکەدا نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکەن.

هەرچەند لەو ماوەیەدا چەند دانیشتنێك بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی لە نێوان نوێنەرانی هەردولا ساز کران، بەڵام هیچ پێشکەوتنێك لەو دانیشتنانە نەهاتە دی. گیروگرفتەکە لەوەدا بوو کە کۆنگرە تەنها بڕیاری لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنەکە دابوو و مەسەلەی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی بۆ پاش کۆنگرە، بۆ گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ( کە ئەو کاتە هێشتا هەڵنەبژێردرا بوون) و نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی هێشتبۆوە. بە هۆی ئەمەوە، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بە روونی دیاری کرا بوون، دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی تا دوای کۆنگرە هەر بە تەمومژی مانەوە. بۆیە، گفتوگۆکان هەر لە سەرەتای دەستپێکەوە، بە لاسەنگی دەستیان پێ کرد، چونکە لە کاتێکدا کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی هیچ کێشەیەکی لە بواری دەسەڵاتەکاندا نەبوو، دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی لە هیچ دیکۆمێنتێکی پەسندکراوی کۆنگرەدا دیاری نەکرا بوون. ئەنجومەنی سەرکردایەتی نەیدەتوانی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی دیاری بکات. ئەنجومەنی باڵای سیاسی خۆیشی نەیدەتوانی، تاکڕەوانە، دەسەڵاتەکانی خۆی دیاری بکات و هەر دەبوایە، بە راوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی، هەوڵی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی بدات.

سەرەڕای ئەمە، ئەنجومەنی باڵای سیاسی هەوڵیدا دەسەڵاتەکانی خۆی بە شێوەیەکی تاکڕەوانە دیاری بکا و لە ٩ی ئایاری ٢٠٢٠ دا یاداشتێکی ئاراستەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرد، دەسەڵاتەکانی خۆی تێدا دیاری کرد و داوای کرد ئەو دەسەڵاتانە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ جێگیر بکرێن. یاداشتەکە لە سێ سێکتەر پێکهاتبوو: لە سێکتەری یەکەمدا لە ژێر ناونیشانی «بنەما گشتییەکان»دا پێناسەیەکی گشتیی ئەنجومەن کرا بوو. لە سێکتەری دووەمدا ئەرکە بنچینەییەکانی ئەنجومەن دیاری کرا بوون کە لە زۆربەیدا ئەنجومەن رۆڵی چاودێری گێڕاوە. بەڵام لە سێکتەری سێیەمدا لە ژێر سەردێری «دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی» دا هەژدە دەسەڵات بۆ ئەنجومەن دیاری کرا بوون کە، تاکلایەنە، نەك بە راوێژ و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دانرا بوون.

پەیڕەوی ناوخۆ لە بەشی نۆیەمدا کە تایبەت بە حوکمە کۆتاییەکانە، لە ماددەی ٧٤ دا بڕیاری داوە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی لە رێی لیژنەیەکی هاوبەشەوە دیاری بکرێن و تێیدا هاتووە کە «بۆ رێکخستنی بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوە، لیژنەیەکی هاوبەش لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای سیاسی پێکدێت».

لە ٢ی حوزەیراندا یاداشتەکەی ئەنجومەنی باڵای سیاسی بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نێردرا. لە ٤ی حوزەیراندا کۆبونەوەیەکی سێقۆڵی بۆ تاوتوێکردنی ناوەڕۆکی یاداشتەکە لە نێوان کۆسرەت رەسول عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و فەرید ئەسەسەرد سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە ئامادەبونی یاسین رەئوف بەسترا. لە کۆبونەوەکەدا سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی نیشانی دا کە

یاداشتەکە زێدەڕۆیی لە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسیدا کردووە و نیگەرانیی لەوە دەربڕی کە ئەگەری ڕەتکردنەوەی لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە ئەگەرێکی بەهێزە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کۆنگرە بریاری داوە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی بە راوێژ و هەماهەنگیی هەردوو ئەنجومەن دیاری بکرێن. تاوتوێکردنی بابەتەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە دەست بە گفتوگۆ هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردولا بکرێتەوە بە مەرجێك هەردولا دەستکاریی پێکهاتەی تیمەکانیان بکەن.

یاداشتەکەی ئەنجومەنی باڵای سیاسی گیانی بە بەر گفتوگۆکاندا هێنایەوە. لە ٤ی تەموزدا بافڵ تاڵەبانی، فەرید ئەسەسەرد، شاڵاو عەلی عەسکەری و تەلار لەتیف محەمەد بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و عەدنان موفتی و قادر حەمە جان بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی باڵای سیاسی لە دەباشان کۆ بونەوە. وا دانرا بوو کۆبونەوەکە دلێر سەید مەجیدیشی تێدا بێ، بەڵام ئەو بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی بوو ئامادە بێ. کۆبونەوەکە دەستی بە کارەکانی کرد و بابەتی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی تاوتوێ کرد. هەردولا لەسەر ئەوە هاوڕا بون کە ڕەوتی گفتوگۆکە لەسەر ئەو بنەمایە بەڕێوە بچێ کە دەسەڵاتەکان بەسەر دوو جۆردا دابەش بکرێن، یەکێکیان دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتییە کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا چەسپێنراون و گفتوگۆیان لەسەر ناکرێ و ئەوی تر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای سیاسییە کە بە گفتوگۆ و سازان و لێك تێگەیشتن دیاری دەکرێن. پەسەندکردنی ئەم میکانیزمە، گرێ کوێرەکانی کردەوە و ڕێی بۆ هەنگاوی گەورە خۆش کرد بۆ کۆتایی هێنان بە مشتومڕ و جێگیرکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی لە بەشی هەشتەمی پەیڕەوی ناوخۆی حزب.

گفتوگۆکان پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست هێنا و بونە مایەی توانەوەی بەستەڵەکی نێوان هەردولا و گەڵاڵەکردنی ڕێککەوتنێکی سەرەتایی. لەم سەروبەندەدا بڕیار درا لە کۆبونەوەی داهاتوودا، گفتوگۆ لەسەر دەقێکی نوسراوی ڕێککەوتنە سەرەتاییەکە بکرێ کە تیمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئامادەی دەکات.

لە ٦ی تەموزدا کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی، بە ئامادەبونی هەردوو هاوسەرۆك، پشتیوانیی لە گەڵاڵەی ڕێککەوتنە سەرەتاییەکە کرد. لە ٧ی تەموزدا نوێنەرانی هەردولا، هەر یەك لە قادر حەمە جان و دلێر سەید مەجید بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و هەمان نوێنەرانی کۆبونەوەی پێشوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لە دەباشان کۆبونەوە و هەردولا دەقی پێشنیارکراوی ڕێککەوتنە سەرەتاییەکەیان پەسند کرد. تیمی ئەنجومەنی باڵا بە پێویستی زانی دەقە پێشنیارکراوەکە لەگەڵ سەرۆك و ئەندامەکانی تری ئەنجومەن تاوتوێ بکات.

## کۆکە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ٢٣ی سورداش‌و هێزێکی سوپای عیراق کە بەنیاز بوو هێرش بکاتە سەر گوندی کۆکەی ناوچەی سورداش و وێرانی بکا و دانیشتوانەکەی ڕاگوێزێ.

لە ١٩ی ئابی ساڵی ١٩٨٧دا هێزێکی سوپای عیراق هێرشی کردە سەر گوندی کۆکە لە ناوچەی سورداش لەسەر ڕێگای سلێمانی ـ دوکان بەڵام پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ی سورداش ڕێیان لە هێزەکە

گرت و نەیانهێشت ئامانجەکانی بەدی بێنێ. لە ئاکامی روبەڕوبونەوەکەدا هێزەکەی سوپا ١٤ سەربازی لێ کوژرا.

## کوڵەجۆ (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی چونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو شارۆچکەی کوڵەجۆ لە ئەیلولی ١٩٨٧ و دەست وەشاندن لە چەند بارەگایەکی ئەمنی و عەسکەریی حکومەتی عیراق لەو شارۆچکەیە.

شەوی ١٩/١٨ی ئەیلولی ١٩٨٧ هێزێکی هاوبەشی هەردوو تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٣ی شێروانە لە جادەی کفری- کەلارەوە بەرەو ناوچەی زەنگاباد دابەزینە خوارەوەو شەوی ٢٠/١٩ی ئەیلول چونە ناو شارۆچکەی کوڵەجۆ لە باشوری رۆژئاوای کەلارو هێرشیان کردە سەر چەند شوێنێکی ئەمنی و عەسکەری.

چالاکییەکە زۆرتر مانای سیاسی نەك عەسکەری بەسەریدا زاڵە چونکە لە ساڵی ١٩٨٤ بەدواوە ئەمە یەکەم جار بوو پێشمەرگە بە هێزێکی زۆرەوە دابەزێتە ناوچەی زەنگاباد. ناوچەی چالاکییەکە لە دەرەوەی سنوری جموجوڵی هێزی پێشمەرگە بوو. بۆیە پەیامی چالاکییەکە ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە دەتوانێ لە هەموو شوێنێك دەست لە دوژمن بوەشێنێ. سەربار، ئۆپەراسیۆنەکە بۆ هێزە ئەمنییەکان بەڵگەی شکستێکی ئەمنیی گەورە بوو چونکە پێشمەرگە بە هێزێکی زۆرەوە توانیبوی لە دەشتاییدا، بە پیادە، بە رۆیشتنێکی پچڕ پچڕ، بەدرێژایی ٢٤ کاژێر، ٢٠ تا ٢٥ کیلۆمەتر ببڕێ بە بێ ئەوەی دەزگا ئەمنییەکان و هەواڵگریی سوپای عیراق هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە جموجوڵەکە هەبێ و بە تەواوی لێی بێئاگا بون.

## کۆمەڵایەتیی سەردەم (گۆڤار)




گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە، زۆرتر بایەخی بە کەیسە کۆمەڵایەتییەکان داوە، مەکتەبی کۆمەڵایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٤ دەری کردووە. لە سەرەتادا وا دانرابوو گۆڤارەکە ساڵانە دەرچێ، بەڵام لە ژمارە ٣ بەدواوە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە، گۆڤارەکە کرایە گۆڤارێکی وەرزی. بەم پێیە، گۆڤارەکە بە دوو خولدا تێپەڕیوە، خولی یەکەم تەنها ژمارە ١ و ٢ دەگرێتەوەو خولی دووەم ژمارەکانی دادێ دەگرێتەوەو لەژمارە ٣ دەست پێ دەکا. ئەم گۆڤارە ٢٢ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووەو ژمارە ٢٢ کە دوا ژمارەیە، لە بەهاری ٢٠١٤ دەرچووە. لە ٢٢ ژمارەکە تەنها ژمارە ٨-٩ ژمارەیەکی دوانەیە. مەکتەبی کۆمەڵایەتی

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە بووە.

ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە بە ناوی «کۆمەڵایەتی» دەرچووە. بەڵام لە ژمارە ٢ بەدواوە ناوی گۆڤارەکە هەموار کراوەتەوەو کراوە بە «کۆمەڵایەتیی سەردەم». لە هەردوو ژمارەدا گۆڤارەکە لە تایتڵی سەرەکیدا وەك «بڵاوکراوەیەکی گشتی» خۆی ناساندووە، بەڵام لە ژمارە ٣ بە دواوە لە تایتڵی سەرەکیدا وەك «گۆڤارێکی وەرزی» دەرکەوتووە.

هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە لە سلێمانی، لەچاپخانەکانی قانع، دێکان، پەیوەند، لاس، گەنج، چوارچرا، روون و بینایی چاپ کراون.

قەبارەی گۆڤارەکە جێگیر نیەو لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە کاتێکدا ژمارەی یەکەم بە قەبارەی ٢٣,٥ بە ١٧ سم دەرچووە، ژمارەی دووەم بە قەبارەیەکی بچوکتر دەرچووە. لە ژمارەکانی تردا ژمارەکانی ٣ و ٥ و ٦ بە قەبارەی ٢٤ بە ١٧,٥ سم دەرچون، ژمارەکانی ٧و٤ بە قەبارەی ٢٢ بە ١٦,٥سم و ژمارەکانی ٨-٩و ١٠و ١١ بە قەبارەی ٢٨,٥ بە ٢٠,٥ سم دەرچون. دواتر قەبارەی ژمارەکان بچوك بۆتەوەو لە ژمارەکانی نێوان ١٢-٢٢ بۆتە ٢٣,٥ بە ١٦,٥سم.

بە هەمان پێودانگ، ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازە. ژمارەی یەکەم بە ٨٤ لاپەڕەی قەوارە مامناوەنج دەرچووەو لە ژمارە ٢ دا هەڵکشاوەو بۆتە ١٦٠ لاپەڕە، بەڵام لە ژمارە ٣دا ژمارەی لاپەڕەکان بۆ ١١٤ لاپەڕە دابەزیوەو لە ژمارە ٤دا دیسان هەڵکشاوەو گەیشتۆتە ٢٢٤ لاپەڕەو لە ژمارە ٥ زیاتر دابەزیوەو بۆتە ٢٢٠ لاپەڕە. لە ژمارە ٦ دیسان هەڵکشاوەو بۆتە ٢٧٨ لاپەڕە. لە ژمارە ٧ زۆرتر هەڵکشاوەو گەیشتۆتە ٤٧٢ لاپەڕە، بەڵام لە ژمارەی دوانەی ٨-٩ هەندێك دابەزیوەو لە ژمارە ١٠دا زۆرتر دابەزیوەو لە ژمارە ١١دا بەردەوام بووە لەسەر دابەزین و لە ژمارە ١٢ زیاتر دابەزیوەو بۆتە ١٨٨ لاپەڕە. لە ژمارەکانی نێوان ١٣و ١٨دا ژمارەی لاپەڕەکان کەوتۆتە نێوان ١٦٦و ٣٢٦ لاپەڕە. لە دوایین چوار ژمارەدا، واتە لە ژمارەکانی ١٩ و ٢٠ و ٢١ و ٢٢، ژمارەی لاپەڕەکان یەك لە دوای یەك بەم جۆرەن: ١٩٢،١٩٠، ١٨٤و ١٧٠.

گۆڤارەکە سێ سەرنوسەری بە خۆیەوە دیوە. یەکەم سەرنوسەر، عومەر عەبدولکەریم، لە ماوەی ٢٠٠٥-٢٠٠٦و لە ژمارە ١ و ٢ دا، واتە لە خولی یەکەمدا کە تێیدا گۆڤارەکە ساڵانە دەرچووە، لێپرسراوەتییەکەی لە ئەستۆدا بووە.

لە ژمارە ٣ بەدواوە کە تێیدا گۆڤارەکە بۆتە گۆڤارێکی وەرزی و لە ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە، ئارام محەمەد قادر لێپرسراوەتیی سەرنوسەری تا ژمارە ١٢ کە ساڵی ٢٠١٠ دەرچووە، لە ئەستۆ گرتووە. لەگەڵ دەستبەکاربونی سەرنوسەری نوێ، دروشمی «بەرەو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» لەسەر بەرگ لە خوار تایتڵی سەرەکی کرایە دروشمی سەرەکیی گۆڤارەکە. لەژمارە ١٣ کە ساڵی ٢٠١١ دەرچووە، جەمال نوری وەك سێیەم سەرنوسەر لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤارەکەی وەرگرتووەو تا دەرچونی دوا ژمارەی گۆڤارەکە لە ساڵی ٢٠١٤ بەردەوام بووە لەسەر لێپرسراوەتییەکە.

لە ٣ ژمارەی بەراییدا گۆڤارەکە بەڕێوەبەری نوسینی نەبوە. لە ژمارە ٤ دا رەزا جەبار بۆتە بەڕێوەبەری نوسین و لە ژمارەی ١٠ بۆتە جێگری سەرنوسەر. بەڵام لە ژمارە ١١ گۆڤارەکە تەنها ناوی سەرنوسەری لەسەر ماوە. لە ژمارە ١٦ کە لە زستانی ٢٠١٢ دەرچووە، پۆستی سکرتێری نوسین داهاتووەو حەمە غەریب حەمە تۆفیق ئەو پۆستەی گرتۆتە ئەستۆ. لە ژمارە ٢١دا پۆستی سکرتێری

نوسین نەماوە، پۆستی بەڕێوەبەری نوسین هاتۆتەوەو فەرەیدون ئیسماعیل کراوەتە بەڕێوەبەری نوسین.

بەدرێژایی ١٣ ژمارەی بەرایی، گۆڤارەکە دەستەی نوسەرانی نەبوو. لە ژمارە ١٤دا کە لە زستانی ٢٠١٤ دەرچووە، دەستەیەکی نوسەران لە چوار کەس بۆ گۆڤارەکە پێك هێنراوە کە ئەمەش ناوەکانیانە: سەردار جەباری، مەلا غەریب، ئەحمەد کوڵکنی و حەبیب محەمەد دەروێش. بەڵام ئەو دەستەی نوسەرانە هەر بۆ ئەو ژمارەیە بووەو لە ژمارەی داهاتوو، بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە، کاپشنەکە لە شوێنی دیاریکراوی خۆی دانەنراوە.

گۆڤارەکە گوزارشتی لە فەلسەفەی کارکردن و ئەرکەکانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی کردووە. ئەو فەلسەفەیە لە بڕگەی دووەمی ماددەی ٦٤ی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم چەشنە دیاری کراوە کە مەکتەبی کۆمەڵایەتی «هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بە مەرجی ڕەچاوکردنی چەسپاندنی حوکمی یاساو ڕێگرتن لە هەر سەرپێچییەك لە بنەماکانی یاسا». بەدەر لەوە، گۆڤارەکە بە ئەرکی خۆی زانیوە کار بۆ قوڵکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بکات و لەم ڕووەوە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆو توێژەرانی کۆمەڵایەتی و کادیرە حزبییەکان و ئەکادیمیستەکاندا دروست کردوەو لەم سەروبەندەدا چەندین توێژینەوەی لە بوارەکانی پەیوەست بە سۆسیۆلۆژیاو کەیسە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە بابەتەکانی تایبەت بە پەیوەندیی نێوان ئاین و کۆمەڵگا، سیستمەکانی پەروەردە، فەلسەفەی دیموکراسی، کاروباری ژنان، سکولاریزم، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، بەجیهانیبون و کاریگەریی لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، بەها کۆمەڵایەتییەکان، مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنیزم، کۆمەڵی مەدەنی، جێندەر لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بنەماکانی فەلسەفەی سیاسی، دەوڵەتی مۆدێرن، چەمکی هاووڵاتیبون، پرنسیپەکانی سۆسیال- دیموکراسی، میدیاو ڕۆڵی لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا.

بەشێکی تری ئەرکی گۆڤارەکە، ناساندنی کارو چالاکییەکانی مەکتەبی کۆمەڵایەتییە کە ساڵی ١٩٩٣ دامەزراوە. پێشتر هەر مەڵبەندێك بەشی کۆمەڵایەتیی خۆی هەبوو. دواتر، پاش شەن و کەو کردنی مەسەلەکە، دەرکەوت ئەرکەکە بە بەشی کۆمەڵایەتیی مەڵبەندەکان هەڵناسوڕێ و پێویستی بە ئۆرگانێکی سەربەخۆو دەسترۆیشتووە. بە هۆی ئەمەوە، مەکتەبێك بەناوی مەکتەبی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ڕایی کردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و قوڵکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی پێك هێنرا و لێپرسراوەتییەکەی بە محەمەد شاکەلی سپێردرا. گۆڤارەکە ناساندنی کارو چالاکییەکانی مەکتەبەکەی بە ئەرکێکی پێویست زانیوە. ئەوەی ئەمەش دەسەلمێنێ ئەوەیە کە گۆڤارەکە لە یەکەم ژمارەدا ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی سەبارەت بەو کێشە کۆمەڵایەتییانە بڵاو کردۆتەوە کە کادیرەکانی مەکتەب لە بارەگاری سەرەکی و ناوەندەکاندا ڕۆڵێکی کارایان لە چارەسەرکردنیاندا هەبوە. ڕاپۆرتەکە بۆ کێشە چارەسەرکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٤ تەرخان کراوەو وردەکارییەکان لە ٩ لیستدا بڵاو کراونەتەوە.

لە ژمارە ٣دا گۆڤارەکە چوار وتاری دەربارەی ڕۆڵی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کردۆتەوەو لە یەکێکیاندا کە سەرنوسەر نوسیویەتی، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە «یەکێك لەو ئەرکە پیرۆزانەی کە

مەکتەبی کۆمەڵایەتی بە گرنگی و بایەخەوە هەوڵی جێبەجێ کردنی دەدات، بەرقەرارکردنی ئاشتی و تەبایی و برایەتییە لە نێوان تـەواوی هێزو گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا». هەرچەند وتارەکان لە چوارچێوەی فایلێکی تایبەتدا کۆ نەکراوتەنەوە، بەڵام بەوەی کە هەر چواریان، بە ڕیز، یەك لە دوای یەك، بڵاوکراونەتەوەو بۆ تاوتوێ کردنی یەك بابەت تەرخان کـراون، کـارەکـە بە شێوەیەکی خۆبەخۆ روخساری فایلی وەرگرتووە. نوسەرانی چوار وتارەکە، هەر یەك لە ئارام محەمەد قـادر، سەلاحەددینی موهتەدی، عوسمان کانی پانکەیی و مەلا ئەحمەد پێنجوێنی، لە گۆشە نیگای جیاوازەوە بابەتەکەیان شەن و کەو کردوەو تێڕوانینەکانیان لە گیانی ئازادیی بیروڕاو لێپرسراوەتیی نیشتمانییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

ژمـارەیـەکـی زۆری نـوسـەران بـابـەتـیـان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە حەبیب محەمەد دەروێش، عومەر عەبدولکەریم، سـەردار جـەبـاری، نەجم عەبدوڵڵا محەمەد، ناسر بابەخان، دکتۆر فـەرهـاد پیربـاڵ، عوسمان کانی پانکەیی، دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، حاجی قادر نەمەڵی، حەمە غەریب حەمە تۆفیق، عەزیز رەئوف، دکتۆر بەختیار جەبار شاوەیس، حەسەن نازدار، هێرۆ کەمال، سەلام عەبدولکەریم، جەمال شێخ نوری، رەزا جەبار، راستگۆ محەمەد، سەلاحەددینی موهتەدی، پرشنگ دڵشاد، عومران هاواری، بەکر عەلی سەعید، سـەروەت عەبدوڵڵا محەمەد، رەزا مەنوچەهری، حەسەن بارام، کارزان عەلی، ئیسماعیل تەها، ئارام محەمەد قادر، ئەرسەلان تۆفیق، هەڵگورد جەلال، محەمەد میرانی، ئەکرەمی میهرداد، محەمەد مێرگەسۆری، هێرۆ حەمە غەریب، جەمال لۆلۆ، رەفعەت مـورادی، هـاوار حەمید، محەمەد نەزیف بـەرواری، رێبوار تۆفیق، رەسول بۆسکینی، جەمال عەبدوڵڵا رۆستەم.

## کۆمەڵە (گۆڤار)


کۆمەڵە

ژمارە ٩
خولی ٢

ت ١ [ئۆکتۆبەر]ی ١٩٨٥

گۆڤـاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

لەم ژمارەیەدا :

☆ بژی گیانی زینـدوی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن

☆ کوردەکانی دەرەوەی وڵات چییان کردوە و چییان پێئەکرێ ؟

☆ لە پەراوێزی ستراتیژی کۆمەڵەماندا

☆ لینین و سەندیکا

گۆڤارێکە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەری کردووە، لە کۆبوونەوەی فراوانی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ی شێنێ بڕیاری دەرکردنی دراوە. سێ خولی هەیە و ٣١ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە ١ لە تشرینی دووەمـی ساڵی ١٩٧٨ دەرچـووەو دوایین ژمـارەی لە نیسانی ساڵی ١٩٨٧.

لە خولی یەکەمدا ٩ ژمـارەی لێ دەرچـووە، لەوە ٧ ژمـارەی بەرایی بە قەبارەی فولسکاب دەرچـووەو هـەردوو ژمـارەی ٨ و ٩ بە قەبارەی نیو فولسکاب. ژمارە ١ لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ دەرچووەو ژمارە ٩ لە شوباتی ١٩٨١. ئەم خولە دەکرێ بە دوو بەشەوە: بەشی یەکەم ٤ ژمـارەی بەرایی دەگرێتەوە کە نەوشیروان مستەفا دەری کردوون و بەشی دووەم ٥ ژمارەکەی تر دەگرێتەوە کە فازڵ کەریم ئەحمەد دەری کردوون. بەپێی شوێن، ٤ ژمارەی بەرایی لە ناوزەنگ،

ژمارە ٥ لەگردی مامەولا، ژمارە ٦ و ٧ لە زەڵێ و ژمارە ٨ و ٩ لە توژەڵە دەرچوون.

لەم خولەدا گۆڤارەکە وەك ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان خۆی ناساندووە. نوسەرە سەرەکییەکانی ئەم خولە ئەمانەن: جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، مەلا بەختیار، هەڤاڵ کوێستانی، فازڵ کەریم ئەحمەد و دکتۆر جەعفەر شەفیعی.

لە خولی دووەمدا پلەی ئۆرگانی لێ داماڵراوە و وەك گۆڤاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان خۆی ناسیوە. ئەم خولە ٦ ژمارەی لێ دەرچووە، هەمووی لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچوون و قەبارەیان نیو فولسکابە. ژمارە یەکی ئەم خولە لە کانونی دووەمدا دەرچووەو ژمارە ٦ لە حوزەیراندا. سەرنوسەری ئەم خولە نەوشیروان مستەفایە. ئەوانەش کە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، مەلا بەختیار، نەجمەددین فەقێ عەبدوڵلا، رێکەوت عوسمان مەجید، ئەمین قادر مینە، سیامەند مامیر شاسواری، حاجی مەمۆ، عەبدوڵلا عەلی رەشید، نەبەز محەمەد سەعید، بڵند مەنمی.

خولی سێیەم ١٦ ژمارەی لێ دەرچووە، بە شێوەی گۆڤارو بە قەبارەی نیو فولسکاب. ژمارە ١ی ئەم خولە لە کانونی دووەمی ١٩٨٥ دەرچووەو ژمارە ١٦ کە دوا ژمارەیە، لە نیسانی ١٩٨٧. زۆربەی ژمارەکانی ئەم خولە پاشکۆیان لەگەڵدا بووە کە بریتی بووە لە بابەتی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی کوردی و زۆربەی بابەتەکان هی تیۆریسینە مارکسیستەکان بوون. وەرگێڕەکانی نامیلکەکان ئەمانەن: خەسرەو خاڵ، موحسین عەلی ئەکبەر، جەمال عەبدوڵلا رۆستەم، پشکۆ نەجمەددین، ئازاد هەورامی و سیامەند مامیر شاسواری. ژمارەکانی ئەم خولە لە ناوچەی مەرگەو دۆڵی جافەتی و دۆڵەکۆگە دەرچوون.

نوسەرە سەرەکییەکانی ئەم خولە ئەمانەن: جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، فەرید ئەسەسەرد، سەربەست حسێن، خەسرەو خاڵ، رێکەوت عوسمان مەجید، ئەرسەلان بایز، ئەمین قادر مینە، پشکۆ نەجمەددین، ئازاد هەورامی، سیامەند مامیر شاسواری، ئارام ئەحمەد محەمەد .

کۆمەڵە لە خولی دووەم و سێیەمدا زۆرتر گۆڤاری لێکۆڵینەوە بووە، چاپێکی جوان و دیزاینی بەرزی هەبوو، بە پێشکەوتووترین گۆڤاری سەردەمی خەباتی چەکداری ساڵانی ١٩٦١- ١٩٩١ دادەنرێ.

## پاشکۆ

## یەکەم سەروتاری گۆڤاری «کۆمەڵە» (١٩٧٨)

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەتەوەیەك دەژی کە نیشتمانەکەی لە دوای یەکەم جەنگی جیهانەوە بەپێی قازانجە ستراتیجی، سیاسی، ئابوری و پەترۆلییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستیی تورك، عەرەب، فارس و کورد، بێگوێدانە ئارەزوی دانیشتوانی ناوچەکە، بەسەر دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران، عیراق و سوریا دابەش کراوە.

ئەگەرچی ئەم نەتەوەیە هەموی بەسەر یەکەوە، بە ژمارە، لە هەندێك میللەت و نەتەوەی تری رۆژهەڵات زۆرترەو نیشتمانەکەی لە کۆندا مەڵبەندی شارستانێتی بووەو خاکێکی بەپیت و فەڕی هەیەو خۆیشی لە زۆر کۆنەوە لەپێناوی رزگاریدا لە خەباتێکی بێوچانی خوێناوی دایە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە بەشێکی گەورەی مێژوی جەنگیی ناوچەکە پێکدێت لە پێکدادانی ئەم و میللەتانی دراوسێ و لەشکرەکانی بێگانەو داگیرکەر، بێ ئەوەی سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست هێنابێت و گەیشتبێتە یەکێك لە ئامانجە نەتەوەییەکانی.

بەڵام سەرەڕای چەوساندنەوەی سەختی نەتەوایەتی و دابەشکردن و پچڕپچڕکردنی سیاسی و ئابوری و زمان و فەرهەنگ، سەرەڕای سیاسەتی فەرامۆش کردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی، سیاسەتی راگوێزان و جێ پێ گۆڕین و دەربەدەرکردن و جنسیە لێ سەندنەوە، برسی کردن و هەژار خستن و موڵك و ماڵ زەوت کردن، بە نیازی لەناوبردن و تەفروتوناکردن و تواندنەوەی، هێشتا:

-لەسەر زەویەکی پێکەوەبەستراودا دەژی کە مەڵبەندی کۆنێتی و بە درێژایی مێژوو تێیدا جێگیر بووەو گەشەی کردووەو پێگەیشتووە.

-جگە لە جیاوازییەکی کەمی نێوان لەهجەکانی، بنچینەی زمانێکی یەکگرتوی ئاخافتن و لەیەك گەیشتنی هەیە کە دەشێ ببێتە زمانی نەتەوەیی نوسین و ئاخافتن.

-مێژویەکی شارستانی و جەنگی و سیاسیی ناوکۆیی هەیە.

-خاوەنی خوو و رەوشتی کۆمەڵایەتی، نەریت و دابی لەیەکچوی شێوەی ژیان، فۆلکلۆرو بیروڕایە کە خۆی لە پێکهاتنی سایکۆلۆجیی لەیەکچوودا دەنوێنێتەوە.

-سەرەڕای سنوری سیاسی و لەیەك دابڕینی ئابوری و بەسترانەوەی بە چەند رژێمی جیا جیاوە، بنچینەی ئابورییەکی یەکگرتوی هەیە کە تا ئێستاش خۆی لە بازرگانیی قاچاخی سەر سنورەکان و هاتوچۆی خێڵ و هۆزە رەوەندەکان و هاتوچۆی کرێکارانی لادێدا دەنوێنێت.

ئەم میللەتەی کە رەنگە لە دنیای ئەمڕۆدا تەنیا نەتەوەی گەورە بێت کە هێشتا نەك بە مافی سەربەستیی چارەی خۆنوسین و رزگاریی نەتەوەیی نەگەیشتووە، بەڵکو لە نیشتمانەکەی خۆیشی بە بێگانەو ناحەز دەژمێردرێت و مافی مان و خۆخەملاندن و گەشەکردنی نییە، میللەتە بەش بەش و دیلەکەی ئێمەیە کە ناوی کوردە.

گەلی کورد لە خاکەکەی خۆیدا بێگانەیە، بێبەشە لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و دیموکراتی، بگرە لە هەموو مافێکی مرۆڤی ئەم سەردەمە. وڵاتێکی بەپیت و جوان و دەوڵەمەندی هەیە کە شوێنێکی جوگرافیی گرنگی هەیە و دابەش کراوەو لە چەندین لاوە دەچەوسێنرێتەوە:

-چەوسێنەرەکانی هاونەتەوە-دەرەبەگ، بورژوازیی کۆسمۆپۆلیت و کۆمپرادۆری کورد.

-چینە کۆنەپەرست و چەوسێنەرەکانی نەتەوە دەسەڵاتدارەکان، بەتایبەتی بورژوازیی بیرۆکرات.

-ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمی نوێ.

لەبەر ئەوەی گەل و نیشتمانەکەمان هەر وەکو لە ریزی وڵاتە هەرە دواکەوتووەکانی دنیادایە، هەروەها لە ناو هەر یەکێك لەو دەوڵەتانەی بەسەریشیاندا دابەش کراوە، لە ریزی ناوچە هەرە دواکەوتووەکانی ئەو وڵاتانەشدایە.

ئێمە گەرەکمانەو خەبات دەکەین بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە نالەبارە. خەبات دەکەین بۆ نەهێشتنی چەوسانەوە بە هەموو شێوەکانییەوە: هی رەگەزی، نەتەوایەتی، چینایەتی، دینی، مەزەبی. خەبات دەکەین بۆ گۆڕین و نەهێشتنی پەیوەندیی زاڵمانەی نێوان کوردو کورد، هی نێوان کوردو حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هی نێوان کوردو ئیمپریالیزمی جیهانی.

ئێمە دەمانەوێ بە خۆشی و تێری وەکو مرۆڤ، بە سەربەستی و ئازادی، دور لە چەوسانەوەو ئازارو زۆرلێکران لەسەر خاکی باووباپیرانمان بە ئاشتی بژین.

خەباتی کۆمەڵەمان لەپێناوی ئەم ئامانجە رەواو پیرۆزانەدایە کە ئامانجی گەلەکەمانن. خەباتی وەرزنامەی «کۆمەڵە» کە کۆبونەوەی فراوانی کادیرانی کۆمەڵە (لەگوندی شێنێ) لە تشرینی

دووەمی ١٩٧٨دا بڕیاری دەرکردنی داوە، بەشێکە لەم خەباتە ڕەوا و پیرۆزەی کۆمەڵەمان و گەلەکەمان.

وەرزنامەی «کۆمەڵە» لە قۆناغێکدا دێتە کۆڕی خەباتەوە کە خەباتی گەلەکەمان بەرزترین و باڵاترین پلەیە، واتە پلەی خەباتی چەکدارانە، واتە لابەلاکردنی ناکۆکیی سروشت دوژمنانەو سەرەکیی نێوان بورژوازیی بیرۆکراتی ڕەگەزپەرست و شۆڤینیی عەرەبی عیراق و نەتەوەی کورد لە ڕێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەو چەکەوە.

کۆمەڵەمان لەم قۆناغە گرنگ و بایەخدارەی مێژوی کوردستانی عیراقدا کە ڕوبەڕوی فەرمانە مێژوییەکانی سەر شانی بووە، لە مەیدانە جیا جیاکانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی، ئایدیۆلۆژی، پێشمەرگەیی و ڕێکخراوەییدا هەوڵ دەدات بۆ تەواوکردنی ئەم ئەرکانە لە ڕێگەی دەرکردنی وەرزنامەی «کۆمەڵە» وە کە دەبێت نوێنەرەوەی ڕێبازی سیاسی، فیکری و پێشمەرگەیی کۆمەڵەو هەڵگری مەشخەڵی بیروڕاکانی ئەو بێت و هەوڵ دەدات لەبەر تیشکی چرای مارکسیزم- لینینیزم ڕێگەی سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان ڕۆشن بکاتەوەو بەشدار بێت لە گەیاندنی مەرجەکانی سەرکەوتنیدا.

دەرکردنی وەرزنامەی «کۆمەڵە» سێهەمین تەقەللای کۆمەڵەیە بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی دەوریی ڕێکوپێك کە ببێتە زمانحاڵی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان (کملك) و بیروڕا و هەڵوێستەکانی ئەو دەر ببڕێت لە ڕوداوەکانی کوردستان و عیراق و دنیادا.

تەقەللای یەکەم، دەرکردنی «ئاڵای سور» بوو کە لە ساڵی ١٩٧٣ شەهیدی نەمر هاوڕێ شەهاب شێخ نوری دەوری سەرەکیی گێڕا و لە دواییدا بە هۆی هەلومەرجی ئەو کاتەوە هەر سێ ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە.

تەقەللای دووەم، دەرکردنی «ئاڵای شۆڕش» بوو کە لە ئەیلولی ١٩٧٧دا ژمارەی یەکەمی بە دەستپێشخەری و ڕەنجی شەهیدی نەمر هاوڕێ شاسوار جەلال (ئارام) چاپ و بڵاو کرایەوە. بەڵام شەهیدبونی هاوڕێ ئارام دەرچونی بڵاوکراوەکەشی پەك خست.

تەقەللای سێیەم دەرکردنی وەرزنامەی «کۆمەڵە» یە کە ئەمە ژمارەی یەکەمەو ئومێدمان وایە بە هەوڵ و خەباتی هەموو لایەکمان بتوانین، هیچ نەبێ، هەر وەرزەی ژمارەیەکی لێ دەربکەین.

سەرچاوە: کۆمەڵە، ژمارە١، پاییزی ١٩٧٨، ل ١-٢.

تێبینی: سەروتارەکە نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی.

## کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ڕێکخراوێکی چەپی بە بیروباوەڕی مارکسیست- لینینیستە. ساڵی ١٩٧٠ لە سەروبەندی تێکشکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تێکەڵبوونی ڕەوتە بە بیروباوەڕ لێکنزیکەکان پێك هاتووە.

پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، چارەنوسی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتە ژێر پرسیارەوەو لەوساوە تا حوزەیران گفتوگۆیەکی زۆر لەناو دەستەبژێرە سیاسییە چەپەکانی کورد سەبارەت بەشێوەی کارکردن و سروشتی لێك تێگەیشتنە سیاسییەکان هاتە ئاراوەو لەڕەوتی گفتوگۆکاندا بەرە بەرە ئەو ئاڕاستەیە برەوی پەیدا کرد کەبزوتنەوەی چەپی کورد پێویستی بەشێوازێکی جیاوازی کارکردن و ئامرازی بەدیسپلینتر هەیە.

ئەم میتۆدی بیرکردنەوەیە بەو ئاکامە گەیشت کە رەوشەکەو پێداویستییەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە پێویستی بەدامەزراندنی رێکخراوێکی تازەیە.

یەکەم کۆبونەوەی سەرەتایی بۆ تاوتوێ کردنی بیرۆکەی دروست کردنی رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی دینامیکترو کاراتر، لە١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ لەگەڕەکی راغیبە خاتون لە بەغدا لە ماڵی فەرەیدون عەبدولقادر بەسترا و بەشداربووەکانی کۆبونەوەکە تەنها حەوت کەس بون کە ئەمانەن: جەلال تاڵەبانی، شەهاب شێخ نوری، فوئاد قەرەداغی، فەرەیدون عەبدولقادر، دلێر سدیق، فازل مەلا مەحمود و رەفعەتی مەلا. لەو کۆبونەوەیەدا پرنسیپە گشتییەکان شەن و کەو کران و چەند مەسەلەیەکی گرنگی تایبەت بە ناوی رێکخراوەکەو ئایدیۆلۆژیاو جیهانبینی و تێڕوانینە سیاسییەکانی و شێوە و تاکتیکەکانی کارکردنی تاوتوێ کران و لەکۆبونەوەکانی داهاتودا کەژمارەیەکی زۆرتری کادیرە پێشکەوتووەکانی لەخۆ گرت، ئەو پرنسیپانە چەسپێنران و سەرکردایەتییەکیش لە رێی سازانەوە بۆ بەڕێوەبردنی رێکخراوەکە دیاری کرا.

لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە بیروباوەڕی زاڵ بەسەر رێکخراوەکەدا لە کاتی دامەزراندنیدا بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بوو، ئەمەش بە ئاشکرا بەناوەکەیەوە دیارە کە بریتی بوو لەکۆمەڵەی مارکسی- لینینی- بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ. لە ڕووی شێوەی کارکردنەوە بڕیار درا رێکخراوەکە بە شێوەیەکی نهێنی کار بکاو خۆی رانەگەیەنێ، بۆیە نە کۆنگرە بەسترا و نە بەیاننامەی دامەزراندن دەرکرا.

هەروەها بڕیار درا ئۆرگانێکی ناوەندی وەك کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی دابمەزرێ کە لە ئەدەبیاتەکاندا زۆرتر بە شێوەی «ناوەند» ئاماژەی بۆ دەکرێ. تاڵەبانی، بە ڕابەری دیفاکتۆی رێکخراوەکە دیاری کرا. ئەگەرچی نوسینەکانی دواتر زۆرتر دەستەواژەی «سکرتێر» بۆ رابەری کۆمەڵە بەکار دێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دەستەواژەیە پاش یانزە ساڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵە ئینجا دەست بە بەکارهێنانی کراوە.

لە قۆناغی بەرایی دامەزراندنی کۆمەڵەدا شەهاب شێخ نوری ئەرکی سکرتێری کۆمەڵەی گرتە ئەستۆ و توانی گەشەیەکی زۆر بە رێکخستنەکانی بدات.

لەو قۆناغەدا کۆمیتەی سەرکردایەتی لەم پێنج ئەندامە پێك هاتبوو: شەهاب شێخ نوری وەك کەسی یەکەمی رێکخراوەکە، جەعفەر عەبدولواحید، فەرەیدون عەبدولقادر، حەمەی میرزا سەعیدو ئاوات عەبدولغەفور. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا شەهاب شێخ نوری کوردستانی بەجێ هێشت و لە سوریاو لوبنان گیرسایەوە. بەهۆی ئەمەوە، قورسایی ئیشوکار کەوتە سەر شانی فەرەیدون عەبدولقادر. پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا لە ساڵی ١٩٧٣، شەهاب شێخ نوری گەڕایەوە بۆ وڵات و لێپرسراوەتییەکانی وەرگرتەوە.

لەو ماوەیەدا کۆمەڵە کۆمیتەی ئەستێرەی سوری بە سەرۆکایەتیی جەعفەر عەبدولواحید پێکهێنا کە ئەرکەکەی بەڕێوەبردنی شانە نهێنییەکانی ناو شارەکان بوو لە قۆناغی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا. کۆمیتەکە لەو کادیرانە پێك هێنرا کە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە نەکردبوو و لە ناو شارەکان مابونەوە. ئەندامەکانی دیکەی کۆمیتەکە لە هەر یەك لە ئەنوەر زۆراب وەك لێپرسراوی رێکخستنەکانی بەغداو خانەقین، ئاسۆ شێخ نوری وەك لێپرسراوی رێکخستنەکانی سلێمانی، ئیحسان نەجم محێدین وەك لێپرسراوی رێکخستنەکانی کەرکوك پێك هاتبوون. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش و گەڕانەوەی هەر یەك لە شەهاب شێخ نوری و فەرەیدون عەبدولقادر بۆ

سلێمانی، کۆمیتەکە هەڵوەشێنرایەوەو سەرکردایەتییەك بە سەرۆکایەتی شەهاب شێخ نوری بۆ کۆمەڵە پێك هێنرا، هەر ئەو ساڵە دەزگا ئەمنییەکانی بەعس شاڵاوێکی گرتن و راوەدونانی ئەندامانی کۆمەڵەیان لە سەرانسەری عیراق دەست پێکردو هەر لە سەرەتای شاڵاوەکەدا لێپرسراوی رێکخستنەکانی بەغداو ئەندامێکی سەرکردایەتی و چەند کادیرێکی سەرەکی گیران وردە وردە بە هۆی ئاشکرابوونی ژمارەی زۆرتری ئەندامانەوە، شێوازییەکی گەورە بەسەر تەونی رێکخراوەییدا زاڵ بوو، خودی سەرکردایەتیی کۆمەڵەش هەڕەشەی گیرانی لێ نزیك بۆوە.

لە هەوڵێکدا بۆ پاراستنی پەیکەری سەرکردایەتی، ئەندامانی سەرکردایەتی پلانیان بۆ خۆ دەربازکردن بۆ دەرەوەی وڵات داناو لەم رووەوە چوونە ئێران تاکو لەوێ پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی سوریاوە بکەن لە تاران، بەڵام نەخشەکە سەری نەگرت و هەموویان لە ئێران گیران و پاشان لە خاڵی سنوری بناوە سوتەوە لە پێنجوێن سنورداش کران و رادەستی رژێمی عیراق کرانەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ بۆ فریاکەوتنی رێکخستنەکان، پێنج کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە، شاسوار جەلال و سالار عەزیز و مەلا بەختیار و عەبدولرەزاق محەمەد عومەر و ئازاد هەورامی کۆمیتەی هەرێمەکانیان وەك سەرکردایەتییەکی دیفاکتۆی کاتی دامەزراند و توانییان فریای رێکخستنەکان بکەون و درێژەش بە هەوڵەکانی دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدار بدەن. لە ناوەڕاستی ئەو ساڵەدا کۆمەڵە ئەندامە چالاکەکانی خستە گەڕو مەفرەزەی چەکداری لێ پێك هێنان. زۆربەی هەرە زۆری مەفرەزە سەرەتاییەکانی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك و بەشێکی هەولێر، کۆمەڵە پێکی هێنا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ دا هەر سێ کادیری سەرکردەیی کۆمەڵە، شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحیدو ئەنوەر زۆراب، لە ئەبوغرێب لەسێدارە دران. ئەندام و کادیرە پێشکەوتووەکانی تر فەرمانی زیندانی کردنیان بۆ دەرچوو، لەوانە ئەرسەلان بایز، عەلی بچکۆل، ئاوات عەبدولغەفور، ئاسۆ شێخ نوری، عومەر سەید عەلی، جەبار فەرمان، فەرەیدون عەبدولقادر، دارا شێخ نوری، عوسمان نانەوا، عەلی حەمە مراد ناسراو بە وەستا عەلی، سەلام محەمەد برزو، ئەنوەر حەسەن و سەعدون یەدوڵڵا شەفی.

لەسەروبەندی یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو وڵات لە ساڵی ١٩٧٧، نەوشیروان مستەفا ئەرکی بڕیاردەری کۆمەڵەی گرتە ئەستۆ. لە کانونی دووەمی ١٩٧٨ شاسوار جەلال لە ناوچەی قەرەداغ شەهید کرا. ئەمەش کێشەی سەرکردایەتیی بۆ کۆمەڵە قوڵتر کردەوە، چونکە لەو کاتەدا لە سەرکردەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان تەنها دووانیان لە کوردستان بوون. لە مانگی ئازاردا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرکردایەتی بە شێوەیەکی کاتی، کۆبوونەوەی کادیران لەگوندی نۆکان بەسترا، تێیدا سەرکردایەتییەکی کاتی بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردرا ناوەندێکیش لە سێ کەس بۆ دارشتنی سیاسەتی گشتی و رایی کردنی کاروبارەکان دەستنیشان کرا. ئەم سەرکردایەتییە یەکەمین سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی کۆمەڵەیە. لە کۆبونەوەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ ی گوندی شێنێ. چەند بڕیارێکی گرنگ دەرکرا، لەوانە بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی ناوێکی گونجاوتر بۆ کۆمەڵە لە نزیکترین دەرفەتدا.

مێژووی کۆمەڵە سێ کۆنفرەنسی لە خۆ گرتووە. یەکەمین کۆنفرەنس ساڵی ١٩٨١ لە مالیمۆس بەسترا، دووەمین کۆنفرەنس لە ساڵی ١٩٨٢ لە ناوزەنگ و سێیەمین کۆنفرەنس لە مێرگەپان لە ساڵی ١٩٨٤و لە هەر سێ کۆنفرەنسدا نەوشیروان مستەفا بە سکرتێر هەڵبژێردراوە.

لە ئازاری ١٩٧٩ بەدواوە، پاش دەرچوونی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵە بووە بڕبڕەی پشتی یەکێتی و هێزە هەرە کاراو دەستڕۆیشتووەکەی. لەم سەروبەندەدا هێزی پێشمەرگەو مەڵبەندەکان و دەزگای ڕاگەیاندن و ڕێکخستنەکان بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەدا بوون و لە ماوەی نێوان ١٩٧٩- ١٩٨٩دا هیچ ڕێکخراوێك لە سەرتاسەری هەرێمدا بە قەد کۆمەڵە ڕێکخستنی لەشارەکاندا نەبوو.

ساڵی ١٩٨٩ وردە وردە ئەو بیرۆکەیە سەری هەڵدا کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد پێویستی بەئۆرگانێکی تازەیە کە بتوانێ باشتر لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بسازێ و کەمتر ڕەنگی چینایەتی و ئایدیۆلۆژی لە خۆی بسوێ. ئەم بیرۆکەیە زۆرتر لە ژێر دوو فاکتەردا سەری هەڵدا: فاکتەری لۆکاڵ کە زۆرتر پەیوەندیی بە پێداویستییەکانی دوای قۆناغی ئەنفالەکان و نوشوست هێنانی ئەزموونی خەباتی چەکدارەوە هەبوو، فاکتەری دەرەکی کە زۆرتر پەیوەندیی بە شکست و هەڵەنگوتنی کۆمۆنیزم و پوکانەوەی ئەزموونی سۆسیالیزمی جیهانییەوە هەبوو.

لێرە بەدواوە بیر لە یەکخستنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان کرایەوەو واش دانرا کە یەکێتیی نیشتمانی لە سیستمی نیمچە بەرەییەوە بۆ سیستمی حزبی بگوازرێتەوە. لە دوتوێی کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لە ماوەی نێوان ٣-٥ی حوزەیرانی ١٩٨٩ بەسترا، پرۆژەی یەکخستنەوەی هەردوو گروپ لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیدا بە ئاشکرا ئاماژەی پێ دراو نوێنەری کۆمەڵەش کە لە کۆبوونەوەکەدا وتاری دا ڕەزامەندیی لەسەر پرۆژەکە نیشاندا.

لە هاوینی ١٩٨٩ بەدواوە تا بەسترانی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، کۆمەڵە هیچ هەڵسوڕانێکی سیاسیی سەربەخۆی نەنواندو وەك نەبوو وابوو. ساڵی ١٩٩٢ لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانی، کۆمەڵە بە شێوەیەکی فەرمی هەڵوەشایەوەو بەتەواوی تێکەڵ بە ستراکتۆری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا، ئەگەر وای دابنێین کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەر لە بنەڕەتدا دانەمەزراوە، زۆر ئەستەمە بیر لەوە بکرێتەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چانسی دامەزراندنی دەبوو، یاخود لانی کەم دواتر لە پێشمەرگایەتیدا دەیتوانی بەردەوام بێ و ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ. هەرچەند یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە راوێژ لەگەڵ سەرکردەکانی ناو وڵات دانەمەزراوە، بەڵام بونی کۆمەڵە خۆی لە خۆیدا هاندەرو فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی. بە کردەوە، دەستپێشخەریی تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی تازە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی لە کوردستان و درێژەدان بە خەباتی چەکدار، لە بنەمادا پشتئەستور بووە بە بونی کۆمەڵە.

لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆمەڵە چەکە نهێنییە یەدەکەکەی تاڵەبانی بوو کە بۆ کاتی تەنگانە هەڵیگرتبوو. بۆیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە یەکەم رۆژی دامەزراندنییەوە، لە ناو وڵات، بە شێوەیەکی نهێنی، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر سەرکردەو کادیری ئامادە بووە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی شۆڕش. کاتێك تاڵەبانی یەکێتیی نیشتمانیی دامەزراند، لەوە دڵنیا بوو کە ئامانجە گەورەکانی وەك کردنەوەی کورد بە ژمارەیەکی گەورە لە هاوکێشەی عیراقداو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو روبەڕوبونەوەی هاوپەیمانیی بەغدا- تاران، بە حزبێکی تازە دامەزراوی دورە وڵات نایەتە دی. پشتئەستوربونی تاڵەبانی بە کۆمەڵە لە ناو وڵات، متمانەی بە سەرکەوتنی پرۆژەکە سەقامگیر کرد.

بەراوردکردنی هەردوو پڕۆژەکەی تاڵەبانی و دکتۆر مەحمود عوسمان، هۆکانی سەرکەوتنی پڕۆژەکەی تاڵەبانی و شکست هێنانی پڕۆژەکەی دکتۆر مەحمود عوسمان ئاشکرا دەکا. هەر یەك لە تاڵەبانی و دکتۆر مەحمود عوسمان لە کاتێکی لێك نزیکدا حزبەکانی خۆیان دامەزراند. تاڵەبانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دامەزراند و دکتۆر مەحمود عوسمان کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێك هێنا. هەردوو حزب لە سوریا دامەزران، هەردوکیشیان ئامانجیان پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی بوو لە کوردستان، هەروەك هەردوکیشیان ئاراستەیەکی چەپی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو و زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە سەرکردایەتیی پێشووی شۆڕش و ئاراستە سیاسییە راستڕەوەکانی دەگرت. هەروەها هەردوو دامەزرێنەری دوو حزبەکە پاشخانێکی سیاسیی دەوڵەمەندیان لە خەباتی سیاسی و چەکداردا هەبوو.

بەراوردکردنەکە نیشانی دەدا کە پڕۆژەکەی دکتۆر مەحمود عوسمان هیچ ئامانجێکی بە دەست نەهێناوە، نەیتوانیوە لە ناو وڵات پێگەیەکی بەهێز لە ناو جەماوەر دروست بکاو هیچ کات فاکتەری هێزی پێك نەهێناوە. بە پێچەوانەوە، پڕۆژەکەی تاڵەبانی سەرکەوتوو بوو چونکە پڕۆژەکە، تەنانەت پێش دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیش، لە ناو وڵات مەرجەکانی بەردەوامبونی بە هۆی بونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە هەبوو.

لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە، کۆمەڵە گەشەیەکی خێرای بە خۆیەوە بینی و وەك دڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ هات. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەردەمی شۆڕشگێڕیدا بە سەرکردایەتیی تاڵەبانی- نەوشیروان مستەفا گەورەترین سەرکەوتنی بە دەست هێنا و بووە هێزی یەکەمی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە ژێر کاریگەریی پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان و لەقبونی پێگەکانی بلۆکی سۆسیالیستدا، سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان نەوشیروان مستەفا، بە بێ ئەوەی هیچ فشارێکی ناوخۆیی لەسەر بێ، چووە سەر ئەو باوەڕەی کە کاتی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە هاتووە. هەرچەند بڕیارەکە لە ناو کادیرەکانی کۆمەڵەدا مشتومڕێکی زۆری نایەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە کردەوە روبەڕوی ناڕەزاییەکی بەهێز نەبۆوە.

لە گۆشە نیگای مێژوییەوە، کۆمەڵە لە خەباتی نیشتمانیدا ئەرکەکانی خۆی بە کارایی جێبەجێ کردووەو لە روی سیاسی و پێشمەرگەیی و فیکرییەوە رۆڵێکی شایستەی گێڕاوەو لە دابین کردنی ژێرخانێکی پتەو بۆ چەمکەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کوردایەتیی پێشکەوتنخواز و مافی چارەی خۆنوسین، زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە روی ئایدیۆلۆژییەوە لەبەر گەلێك هۆ کە هەندێکی پەیوەندیی بە ئاستی گەشەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی گەلی کوردەوە هەیە و هەندێکی تری پەیوەندیی بە فاکتەری دەرەکییەوە هەیە، نەیتوانیوە زۆر سەرکەوتوو بێت. سەرەڕای هەموو شتێك، ئەزمونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەمیشە وەك ئەزمونێکی شایستەی لێکۆڵینەوە دەمێنێتەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

*کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

*کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

*نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

*شێنێ (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

*کۆمیتەی هەرێمەکان.

## پاشکۆ

## راپۆرتی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵە دامەزرا. دامەزراندنی کۆمەڵە لە زروفی ئەو کاتەدا و گەشەکردن و پەرەسەندنی هەر وا کارێکی ئاسان نەبوو. کۆمەڵە بەگوێرەی ئارەزووی چەند کەسێك و بۆ بەسەربردنی کات و خۆ مەشغوڵ کردن دانەمەزرا بوو، بەڵکو کۆمەڵە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بار و زروفی ئەو کاتەو لەبەر تیشکی تیۆریی مارکسیزم لینینیزم و هەڵسەنگاندنی جوڵانەوەی کوردو بەراوردکردنی تەجروبەکانی گەلەکەمان و دەرهێنانی دەرس و پەندی شکان و ژێرکەوتنەکانی بە پێی تیۆریی مارکسیزم لینینیزم پێك هاتبوو.

لەبەر ئەوە کۆمەڵە ئەبوایە رێکخراوێك بێ، بینای سیاسی و ئایدیۆلۆجی و رێکخراوەیی هاوئاهەنگ و مونسەجیم بێت، واتە لەیەك بچێت و بەپێی سەرەتاکانی رێکخستنی مارکسیزم لینینیزم رێك بخرێ.

کارکردنی کۆمەڵە هەر وا ئاسان نەبوو، چونکە جگە لەوەی ئازادیی دیموکراتی نەبوو، کۆمەڵە نەیدەتوانی بە ئاشکرا ئیش بکات یان بۆچوون و بیروڕا و هەڵوێستی خۆی لە ڕووداوەکان دەرببڕێ، هەروەها سنووری چالاکی و ئیشکردنیشی زۆر تەسك بوو، چونکە ئاشکرابوونی رێکخراوێکی وەها هەر لە سەرەتای دامەزراندنیدا دەبوو بە هۆی وردو خاش کردنی لە لایەن دامودەزگاکانی شۆڕشەوە، بەتایبەتی پاراستن لە لایەك و لە لایەن دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقەوە لە لایەکی ترەوە، ئەمە جگە لەوەی حیزبی کۆمۆنیستیش دەهات بەگژیدا. لە کوردستاندا پەرلەمان و خەباتی پەرلەمانی نیە، ئازادیی کۆبوونەوەو کۆڕبەستن و خۆپیشاندان نیە، ئازادیی بڵاوکردنەوەی گۆڤارو رۆژنامەو چاپەمەنی نیە، رێگەی قانوونی و نیمچە قانوونی بۆ کەڵك وەرگرتن لە چالاکیی سیاسیی ئاشکرا نیە. قۆناغی دەستپێکردنی کۆمەڵە زۆر دژوار بوو.

کۆمەڵە بە هیچ جۆرێك ماوەی خۆنواندنی نەبوو، ماوەی بڵاوکردنەوەی گۆڤارو رۆژنامەی نەبوو، ماوەی کۆبوونەوەو کۆڕبەستنی نەبوو، نەیدەتوانی سوود وەربگرێ لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن. جا بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو دۆزینەوەی لایەنگرو ڕاکێشان و رێکخستن و پەروەردە کردنیان لە هەلومەرجێکی وەهادا بەبێ گومان کارێکی زۆر زەحمەت دەبێ و پشوودرێژیی دەوێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هەر ساڵی یەکەم کۆمەڵە توانی چەندین شانەو کۆمیتە لە شارەکانی کوردستانی عێراق پێك بهێنێ و بەرنامەی هۆشیارکردنەوەو پەروەردەکردنی سیاسییان بۆ دیاری بکات و دەیان ئەڵقەی رۆشنبیری لەدۆست و لایەنگر پێك بهێنێ. بێ گومان کۆمەڵە، وەکو رێکخراوێکی بچوك کە خۆی بۆ خەباتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و رێکخراوەیی درێژخایەن ئامادە دەکرد، نەدەبوو سنووری رێکخستنەکەی فراوان بکات، بەڵکو دەبوایە زۆر بە ژیری و وریایی و هۆشیارییەوە هەنگاو بنێت و دۆست هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی لەوەدا بە هەڵە نەچێت و «لەدەست دەرچوونی» یەکێك لەوانە نەبێتە هۆی کارەساتێك بۆ کۆمەڵە کە هێشتا خۆی نەگرتووە. بۆیە گەشەکردنی رێکخراوی کۆمەڵە بەژمارە کەم بوو، بگرە زۆر کەمیش بوو لەچاو ئەو دەیان هەزار کەسانەی کە لە دەوری حزبەکانی وەکو پارتی و کۆمۆنیست کۆبوو بوونەوە.

هاوڕێکانی کۆمەڵە هەم بۆ ئەوەی خۆیان لەچاو و ڕاو بپارێزن، هەم بۆ ئەوەی کە تێکۆشەری شۆڕشگێڕی

نویٚ بۆ کۆمەڵە بدۆزنەوە و هەم بۆ ئەوەی تەئسیری ئیجابی و پێشکەوتنخوازانەیان هەبیٚ، چەندین کەسیان تێکەڵاو بوون بە رێکخراوە دیموکراتییەکانی لاوان، قوتابیان، مامۆستایان، ئافرەتان، کرێکاران ، تەنانەت هەندێکیان لە ناو پارتیدا مانەوە.

بینای تەنزیمیی کۆمەڵە هەر لە ساڵی یەکەمەوە بەپێی سەرەتا تەنزیمییەکانی رێکخستنی مارکسیست لینینیست واتە بەپێی سەرەتای ناوەندێتیی دیموکراتی، رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن، زۆرایەتی و کەمایەتی، پلەبەندیی تەنزیمی دامەزرا بۆ ئەوەی یەکێتیی رێکخستن، یەکێتیی بیروڕا، یەکێتیی ویست و ئیرادە و یەکێتیی کردەوە بەدی بهێنیٚ.

بێگومان لە هەلومەرجێکی وەکو ئەوساکەی کوردستان دا، شتێکی ئاسایی بوو کە چەندین گیروگرفت بێنە پێشەوە، لەوانە فکری و ئایدیۆلۆجی. هێشتا کۆمەڵە لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا بوو کە لە ناو سەرکردایەتییەکەیدا ناکۆکییەکی توندوتیژ دروست بوو لەسەر مەسەلەی تەبیعەتی کۆمەڵەو سنووری کارکردنی سیاسیی، کەئاخۆ کۆمەڵە دەبیٚ رێکخراوی چینی کرێکارو رەنجدەرانی کوردستان بیٚ، یاخود دەبیٚ رێکخراوی چینی کرێکاری عیراق بێت، لەمەدا سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراقیش لە پەناوە هەندیٚ لەوانەی هان دەدا و دەستی دەدا بەپشتیاندا بۆ ئەوەی کە هەموو رێبازی کۆمەڵە بگۆڕن و لە ئەنجامدا یەکی بخەن لەگەڵ سەرکردایەتیی ناوەندی، یاخود هیچ نەبیٚ بەشێکی لیٚ داببڕیٚ. لە پاش گفتوگۆیەکی درێژ لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا، هەر ئەو زەمانە بە پرس و ڕایەکی گشتی ئەو چەند کەسە لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە دور خرانەوەو ئەوانیش هەندێکیان پەردەیان لە ڕووی خۆیان هەڵماڵی و ڕاستەوخۆ چوونە ناو سەرکردایەتیی ناوەندییەوە، هەندێکی تریشیان کەوتنە هەوڵدانی رێکخستنێکی عیراقی و تا ئێستاش هەر تەپەیان دیٚ، بیٚ ئەوەی هیچیان کردبیٚ بە هیچ.

دەرچوونی ئەم دەستەیە لە کۆمەڵە، نەك هەر زیانی لە کۆمەڵە نەدا و لاوازی نەکرد، بەڵکو بەهێزتری کرد، چونکە کۆمەڵە پاك بووەوە لە ئاژاوەیەکی فیکریی قوڵ کە ئەمانە هەموو کۆمەڵەیان پێوە مەشغول کرد بوو.

کۆمەڵە لەو قۆناغەدا ئۆرگانی نەبوو، ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو کە نەیدەتوانی بەڵکو لەبەر پاراستنی نهێنیی رێکخراوەکە بوو، چونکە کۆمەڵە هەر لەسەرەتاوە بڕیاری دابوو کە وەکو ڕێکخراوێکی نهێنی کار بکات و تا ئەو کاتەی خۆی بە گەیشتوو دەزانیٚ، خۆی نە لە لای کۆمەڵانی خەڵك و نە لە لای حزب و تاقمەکانی تر ئاشکرا بکات، بەڵکو هەروەکو تەیارێکی فیکری پیشان بدریٚ.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا چەند بڵاوکراوەیەکی کەم کە بۆ ڕێکخستن پێویست بوون، بڵاو کرانەوە لەوانە دەستووری کۆمەڵەو چەند نامیلکەیەکی وەرگێڕدراو و چەند نەشرەیەکی تر کەئەمانەش بە تەنیا بۆ ئەندامەکان و ئەڵقەکان بوون، لە ڕاستی دا لەم قۆناغەدا بۆ پەروەردەکردنی ئەندامانی کۆمەڵە زۆرتر لەوەی کە بایەخ بە سەرچاوە ئەسڵییەکانی مارکسیزم لینینیزم واتە کتێبەکانی مارکس و ئەنگلز و لینین بدریٚ، زۆرتر تەرکیز دەکرایە سەر نووسینەکانی ماوتسی تۆنگ و تەجروبەکانی چین، تەنانەت بەڵگە نووسراو و چاپکراوەکانی ئەو کاتە ئێستا کەڵکی بڵاوکردنەوەیان پێوە نەماوە. ساڵی ١٩٧٣ سیٚ ژمارە لە بڵاوکراوەی ئاڵای سوور دەرچوو. ئاڵای سوور هەر زوو ڕاوەستێنرا، چونکە دەبوو بە هۆی ئاشکراکردنی پێشوەختی لەبار و لێدانی لە لایەن دوژمنەوە.

لە بڵاوکراوەی ئاڵای سووریش، چەپڕەوییەکی

زۆر توندوتیژو تابعێکی ماویستیی تۆخ هەستی پێ دەکرێ کە ئەمانە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەن هێشتا کۆمەڵە وەکو پێویست گەشەی نەکردبوو لە مەیدانی ئایدیۆلۆجیداو تەجروبەی زۆری پەیدا نەکردبوو لە مەیدانی کارکردنی عەمەلیدا.

کۆمەڵە دەبوایە هەوڵی تەواوی خۆی بخاتە ناو کرێکاران و رەنجدەرانەوە، بەتایبەتی لە لادێ کە لە کوردستاندا لەبەر چەندین هۆ ئەهەمیەتێکی تایبەتیان هەیە، بەڵام لە راستیدا تەرکیزی کردبووە سەر خوێندەواران و زانستگاکان و کۆنە جەلالییەکان. لەبەر ئەوە نەیتوانی بوو وەکو پێویست رەگ دابکوتێ لە دێهاتدا، هەروەها نەیتوانی رەگ دابکوتێ لە ناو کرێکاران و رەنجدەران دا و کۆمەڵە لە ڕووی پێك هاتنی ئەندامەکانییەوە لە پلەی یەکەم دا لە خوێندەوارانی شۆڕشگێڕ پێك هاتبوو.

کارکردنی تەنزیمیی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا، لەچاو ئەوەدا کە دەیان هەزار کەس بەشدار بوون لە جولانەوەی شۆڕشگێڕانەدا زۆر کەم بوو، بەڵام لە چاو هەلومەرجی ئەوسای کوردستان دا کە بیروباوەڕی یەمینی زاڵ بوو بەسەر مێشکی خەڵکدا و دامودەزگای پارتی و پاراستن دەستی گرتبوو بەسەر کوردستاندا، زۆر باش بوو.

هاوڕێیانی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا بەوپەڕی ژیری و هۆشیارییەوە کاریان دەکرد، بەجۆرێکی ئەوتۆ ناحەز و دوژمنەکانی کۆمەڵە نەیانتوانی سەرە داوێکی رێکخستنەکەی بدۆزنەوە، هەرچەندە جاروبار لەم لا و لەو لاوە بۆنی شتێکیان دەکرد بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نەکەوتە دەست بیکەن بە هانە بۆ لێدانی.

لەو قۆناغەدا کۆمەڵە دەیان ئەندامی پەیدا کردو پێ گەیاند، رێکخستنی لە سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و بەغدا و خانەقین و دهۆك دامەزراند، تەنانەت لە ناو هەندێ لە ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا وەها جێگەی خۆی کردبووەوە، کە لە هەڵبژاردنی ئازاددا ئەندامەکانی کۆمەڵە دەردەچون و ئیشیان دەگرتە دەست بەتایبەتی لە یەکێتیی قوتابیاندا لە زانکۆی سلێمانی و لە ناو یەکێتیی لاواندا، ئەگەرچی کەسانی یەمینیی ناو پارتی و جاسوسەکانی پاراستن بە توندی دەچونەوە بەگژیاندا.

لەم ماوەیەدا رووداوێکی گەورە لە ژیانی تەنزیمیی کۆمەڵەدا رووی نەداوە، جاروبار هەندێ ئاڵوگۆڕ لە سەرکردایەتیی کۆمەڵەو کۆمیتە سەرکردایەتییەکانی شارەکاندا رووی داوە، کە پاشان هەندێکیان کاری خراپیان کردە سەر کۆمەڵە. لە ڕاستیدا هێنان و لابردنی هەندێك لەباتی ئەوەی بەپێی سەرەتاکانی رێکخستنی مارکسیست لینینیست بێ زۆرتر بەپێی بۆچوونو هەڵسەنگاندنی شەخسی بوون و هەندێك جار گیروگرفتە تەنزیمی و فیکرییەکان بەپێی ئوسوڵ و سەرەتاکانی مارکسیزم لینینیزم چارەسەر نەدەکران، هەر بۆیە جاروبار پشێوی و بەرەڵایی دەکەوتە ناو ریزەکانی رێکخستنەوەو دەبوو بە هۆی ئاشکرابوونی چەندین ئەندامی کۆمەڵە لە لای یەکتری، کە ئەویش لە دواییدا هەر بەخراپ بۆ کۆمەڵە دەگەڕایەوە.

شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥ لە بەینی حکومەتی عیراق و شۆڕشی کوردستاندا، کەوتە سنوورێکی ئەوەندە فراوانەوە کە بوو بە شەڕی میللەتی کورد و حکومەتی عیراق، کۆمەڵەش نەیدەتوانی خۆی لە رووداوەکانی کوردستان دابڕێت و هەندێ لە ئەندامەکانیشی بۆ ئەوەی نەبنە جێگەی پرسیارو چاوو ڕاو دەبوایە بچنە شاخ و بەشداری جولانەوەکە بن، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵە هێشتا هەر لە قۆناغی بینا کردندا بوو، نە خۆی وەکو رێکخراوێك و نە ئەندامەکانیشی وەکو ئەفراد نەیاندەتوانی دەوری گرنگ بگێڕن، لەبەر ئەوە نەدەبوایە شوێن لافاوی رووداوەکان بکەون. بە داخەوە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەم ماوەیەدا حیسابێکی وردی

بۆ ڕووداوەکانی کوردستان و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی نەکرد، هەر لەبەر ئەوە بێ حیساب دەیان کادیرو ئەندامی چوونە دەرەوەو شارەکانیان بەجێ هێشت، بێ ئەوەی لە شۆڕش و ناو پێشمەرگەدا قازانجێکی ئەوتۆیان بۆ شۆڕش یاخود بۆ کۆمەڵە هەبێ، بە ئیش و کاری بێسوودەوە مەشغوڵ بوون و نەیانتوانی کەڵك لەو فرسەتە وەربگرن بۆ پێکەوەنانی هەندێ ڕێکخراوی جوتیاری، یاخود بۆ دروستکردنی پەیوەندیی باش لەگەڵ کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکانی ئەوسای شۆڕش و ڕاکێشانی خەڵکی نوێ بۆ ریزی کۆمەڵە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شەڕە سەختەی ١٩٧٤-١٩٧٥ نەیتوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لە شارەکان تێك بدات. شەهیدی نەمر هاوڕێ جەعفەر عەبدولواحید بەوپەڕی لێوەشاوەییەوە ئەرکی ڕێکخستنەوەی ناو شارەکانی گرتە ئەستۆو سەرکەوتوانە ئەنجامی دا. زۆری پێ نەچوو، ئاشبەتاڵ بوو.

***

ئاشبەتاڵ ئیمتیحانێکی گەورە بوو بۆ هەموو هێزو ئیتتیجاهە سیاسییەکان، بۆ هەموو حزب و ڕێکخراوەکان، بگرە بۆ تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی کوردیش وەکو ئەفراد. بەداخەوە هەر بەو جۆرەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە شوێن لافاوی جوڵانەوەکە کەوتبوون و دابوویانە شاخ بێ ئەوەی بەرنامەیەکی دیاریکراویان کراویان هەبێ، هەر بەو جۆرە لەگەڵ لێشاوی گەڕانەوەی پێشمەرگەو تەسلیم بوونەوەی بەکۆمەڵی خەڵکدا دیسانەوە ئەندامانی کۆمەڵە، لەوانە ئەندامانی سەرکردایەتییەکەشی، بە بێ ئەوەی بەرنامەیەکی دیاریکراویان هەبێ بۆ ئەو قۆناغە، لەگەڵ خەڵکەکەدا ڕێگەی هاتنەوەیان گرتەوە.

بێگومان چوون و بەتایبەتی گەڕانەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بەو جۆرە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. ڕاستە جوڵانەوەکەی ئەوسا کە زۆر زۆر پەرەی سەندبوو، قەوارەی زۆر زل بوو بوو، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا بەهێز و کاریگەر بوو، مەسرەف و بەڕێوەبردنی شۆڕشێکی وەها لە وزەی هێزێکی بچووکدا نەبوو، دەزگای پاراستن و تۆڕە جاسووسییەکانی بێگانە دەسەڵاتدارو بەهێز بوون، بەڵام هێزێکی سیاسیی ڕێکخراو، چەندە بچووك و کەم ئیمکانییەت بوایە بەو مەرجەی خاوەنی ڕێکخستنێکی باش و سەرکردایەتییەکی لێوەشاوە بوایەو بەرنامەیەکی نوێی درێژەدان بە خەبات و تێکۆشانی لەباتی ئاشبەتاڵ تەرح بکردایە، بەشێکی کۆمەڵانی خەڵك و پێشمەرگەی لێ کۆ ئەبۆوەو ئیحتیمالی سەرکەوتن یان هیچ نەبێ لە قۆناغی یەکەمدا مانەوەو خۆڕاگرتن و دوایی تریش گەشەکردن و بەهێزبوونی هەبوو. کۆمەڵە دەبوایە لە ئاشبەتاڵدا دەسپێشکەریی بکردایە و ئەگەر ئیحتمالی سەرکەوتنیشی زۆر زۆر کەم بوایە دەبوایە هەر دەبوایە دەسپێشکەریی مقاوەمەتی بکردایە. لە حاڵەتی سەرکەوتنیدا بێگومان دەبووە جێگەی پشتیوانیی هەموو نەتەوەی کورد و هێزە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە و لە کاتی شکانیشدا مەلحەمەیەکی قارەمانێتیی بۆ شۆڕشگێڕەکانی کوردستان تۆمار دەکرد کە تا هەتایە لە بیر نەدەچووەوەو دەبووە سەرمەشقی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە. بەڵام ئەوە ڕووی نەدا و ئاشبەتاڵ بوو. ئاشبەتاڵ مەینەتییەکی گەورەی بەسەر میللەتەکەمان هێنا.

گەورەیی ئەو مەینەتییە کۆمەڵی کوردستانی لە هەموو ڕوویەکەوە هەژاند. ئاشبەتاڵ لە ڕاستیدا شکستی میللەتی کوردو هێزە شۆڕشخوازەکانی نەبوو، بەڵکو شکستی بنەماڵەی بارزانی بوو، شکستی سەرکردایەتیی عەشایەری بوو، شکستی

سەرکردایەتیی بۆرجوازی بوو، ئاشبەتاڵ دەری خست کە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، ریزەکانی چەند یەکگرتوو بێت، چەند بەهێز بێت، ئیمکانییاتی ماددی و بەشەریی چەند زۆر بێت، بۆ پشتیوانی لە ناو خەڵکی وڵات و هێزو دەوڵەتەکانی دەرەوە چەندە فراوان و زۆر بێت، بە حزب و سەرکردایەتی و ڕێبازی عەشایەری و بۆرجوازی رابەری ناکرێت و ئەگەر حزب و سەرکردایەتی و ڕێبازی شۆڕشگێڕانە نەبێت سەر ناکەوێت و دەشکێت.

ئاشبەتاڵ بە زەقی ئەو ڕاستییانەی بە خەڵك سەلماندو ئیسپاتی کرد کە بە بێ حزبێکی پێشڕەو کە خاوەنی ستراتیجی راست و ڕێبازی شۆڕشگێڕانەو سەرکردایەتیی لێوەشاوە بێت، سەرکەوتنی جوڵانەوەی کورد، لە هەلومەرجی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیادا، کارێکی دژوار و بگرە مەحاڵە.

لە ئەنجامی ئاشبەتاڵدا هەروەکو سەرکردایەتیی بارزانی شکا و ترۆ بوو، هەروەها سەرکردایەتیی بۆرجوازی و حزبەکەشی شکا و ترۆ بوو، سووکی و بێنرخی و بێدەسەڵاتیی ئەو حزبەو سەرکردایەتییەکەی لە لای خەڵك ئاشکرا بوو. بەپێچەوانەی ئەو ساڵانەوە کە مەدێکی یەمینی و فیکریی کۆنەپەرستانە بەسەر ئاسمانی کوردستان و جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکەیدا زاڵ بوو بوو، ئەم مەدە تەنانەت خەڵکی سادەشی گرتبووەوە، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە زۆر عەیب بوو بەڵکو تاوان بوو پیاو مارکسی بێت، یاخود پێشکەوتنخواز بێت، یاخود دژی ئەمریکاو ئێران و ئیسرائیل بێت. ئاشبەتاڵ ئەمەی بە جارێك هەڵتەکاندو هەڵگێڕایەوە. خەڵك بە چاکی و هۆشیاری دەستیان بۆ هۆی شکستی شۆڕش بۆ سەرکردایەتییەکەی، بۆ هاوپەیمانەکانی سەرکردایەتیی بارزانی و پارتی درێژ دەکرد و لەبەرامبەر ئەوەدا مەدێکی چەپ بڵاو بۆوە. خەڵك بۆ تروسکەیەك دەگەڕان دووی بکەون، خەڵك شکان و تەسلیم بوونی قبوڵ نەبوو، خەڵك دەیویست دیفاع لە خۆی بکات لە بەرامبەر هێرشی فاشستەکانی بەغدا، خەڵك دەیویست ڕێگەیەکی دەرباز بوون و خەباتی پیشان بدەن.

***

ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق هەروەکو کوردستانیان هەژاند بوو، هەروەکو پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە جارێك داتەپاند بوو، هەروەکو سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراقیان بە تەواوی روخاند بوو، هەروەکو کاژێکیان وێران کرد بوو، کۆمەڵەشیان هەژاندبوو، بەڵام نەیانتوانیبوو بیڕوخێنن بەڵکو تەنیا ڕێکخراوێ بە سەلامەتی لەو گەردەلولە دەرباز بوو بوو هەر ئەو بوو.

کۆمەڵە ئیتر ئەو ڕێکخراوە بچوکەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧١ نەبوو، قۆناغی ئەوە هاتبووە پێشەوە دەست بکا بەکارو دەوری خۆی ببینێ. لەو ئیمتیحانە قورسەدا مشتومڕێکی فیکریی قوڵ لەناو کۆمەڵەدا دروست بوو بوو، ئاخۆ کۆمەڵە کەی دەکەوێتە وەرگرتنی موبادەرە؟ کۆمەڵە ئەگەر لەو قۆناغەدا ئیش نەکات ئەی کەی دەیکات؟ ئەو بۆشاییە سیاسییەی لەکوردستان دا دروست بووە بەچی پڕ دەکرێتەوە؟ دەبێ چی بکرێت؟ جۆری ئیشکردن چی بێ؟ سیاسی؟ چەکدار؟ ناکۆکیی سەرەکیمان لەگەڵ کێیە؟ فەرمانەکانی ئەو قۆناغەمان چین؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر لە ناو ئەنداماندا وروژا بوون.

ئەم مناقەشەو پرسیارانە هەرچەندە خۆی لە خۆیدا دەلیلی هۆشیاریی ئەندامەکانی کۆمەڵە بوو، بەڵام چونکە بە شێوەیەکی ناموبەرمەج و بەرەڵڵاییانە خرابوونە مەیدانەوەو باس دەکران، سەرکردایەتیی کۆمەڵەش لە ئاستی ئەو فرمانە قورسانەدا نەبوو، نەیتوانی بە چاکی باری گفتوگۆو مناقەشەکان بۆ پێشەوە ببات بە قازانجی گەشەکردنی کۆمەڵەو

وەرگرتنی مبادەرەی گەورەو هەنگاونان بەرەو وەرچەرخاندنی مێژووی گەلەکەمان.

کۆمەڵە لە ساوایەتی دەرچوو بوو، بۆیە هەر بەو سەرکردایەتییەوە کە پێشتر هەیبوو نەیدەتوانی درێژە بە خەباتی خۆی بدات، قۆناغەکان گۆڕا بوون، ئەرکەکانی کۆمەڵەش گۆڕا بوون، هەر بۆیە پێویستی بە سەرکردایەتییەکی وەها بوو کە لە ئاستی رووداوەکانی ئەوسای کوردستان و پێویستییەکانی قۆناغەکەو گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵەدا بێت.

ئەو مناقەشەو پرسیارانەی لە ناو کۆمەڵەدا ورووژا بوون، لەباتی ئەوەی کۆمەڵە بۆ پێشەوە ببەن و ببنە هۆی تەرح کردنی بەرنامەی قۆناغی نوێ، لە ڕاستی دا بوون بە هۆی دروست کردنی ئاژاوەیەکی فیکریی بەربلاو و تێکدانی شیرازەی ڕێکخستن و بلاوبوونەوەی بەرەڵلایی و پشێوی و دەرکردنی هەندێك و تەجمید کردنی هەندێك و ئیهمال کردنی هەندێك و وازهێنانی هەندێکی تر.

****

هاوزەمان لەگەڵ ئەم کێشەو گیروگرفتانە لە دەرەوەی وڵات بە دەستپێشکەریی هەڤاڵ مام جەلال تاڵەبانی و هاوکاریی هەندێکی تر لە ئەندامانی کۆمەڵەو چەند کەسێکی نیشتمانپەروەرو پاش پەیوەندی کردن لەگەڵ شەهیدی نەمر هەڤاڵ شەهابی شێخ نووری، بیری دامەزراندنی یەکێتییەکی نیشتمانی وەکو ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی ڕەوت و چینە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردستان، بۆ کۆکردنەوەی هەموو ڕۆڵە دڵسۆزو تێکۆشەرەکانی کوردستان، لە چوارچێوەیەکی فراوان، کە ئەندامەکانی کۆمەڵە ببنە دینەمۆی بەگەڕخستن و بەڕێوەبردنی گەڵاڵە بوو بوو. بۆچونەکانی ئەوانەی دەرەوەی وڵات لەسەر ئەم بنچینانە بنیات نرا بوون:

یەکەم: ڕێکخراوێکی فراوان بۆ کۆکردنەوەی جەماوەری خەڵك دابمەزرێنرێ کە ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕ بکاتەوە، کە ڕوخانی پارتی و نەبوونی حزبێکی جەماهیری بەجێی هێشتووە.

دووەم: ئەو ڕێکخراوە حزب نەبێ بە مەعنای تەقلیدی بەڵکو چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی فراوان بێ بۆ جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماهیر.

سێیەم: ئەم ڕێکخراوە جەبهەش نەبێ بە مەعنای تەقلیدی لەبەر نەبوونی حزبێکی پێشڕەو و لەبەر نەبوونی حزبی تر.

چوارەم: لە ناو ئەم ڕێکخراوە فراوانەدا ڕەوت و ئاراستە سیاسییە پێشکەوتنخوازە جیاجیاکان هەقی پێشبڕکێی فکرییان هەبێ.

پێنجەم: کۆمەڵە بە سەربەخۆیی بمێنێتەوەو بۆ ئەوەی بتوانێ دەوری بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوە ببینێ، دەبێ ئەندامەکانی بچنە ناوییەوەو ئیشی تێدا بکەن و ئیشی بۆ بکەن و هەوڵ بدەن هەم بە تەرح کردنی ڕێبازی سیاسیی ڕاست و دروست و چارەسەری ڕاست بۆ گیروگرفتەکان ڕێبازی کۆمەڵە زاڵ بکەن هەم بە خەبات و فیداکاری و ئیشکردن سەرکردایەتیی مەسەلە گرنگەکان بگرنە دەست.

زۆری نەخایاند تەجروبە دەری خست کە:

یەکەم: خەڵکی کوردستان ئامادەن بۆ خەباتی سیاسی و خەباتی چەکدارانەو دەبێ کەڵك لەو ئامادەییە وەربگیرێ بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ کەڵك لە ئاشبەتاڵ وەربگرێ بۆ دامرکانەوەی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵك و بۆ ئەوەی وەزعێکی وەکو کوردستانی تورکیای دوای شکانی شۆڕشی ئاگری داغ و وەزعێکی وەکو کوردستانی ئێرانی دوای شکانی جمهوریەتی مهاباد لە کوردستانی عێراقیش دروست نەبێ کە تا دەیان ساڵ جولانەوەکەی پێ خەفە ببێ.

دووەم: مەیدانی سەرەکیی خەبات سەر ئەرزی کوردستانی عیراقە، نەك ئێران یان دەرەوەی وڵات.

سێیەم: خەباتی سیاسی بە بێ پشتیوانیی خەباتێکی چەکدار، لە لایەن رژێمی عیراقەوە وردوخاش دەکرێ.

چوارەم: لەبەر ئەوە شان بە شانی پێکهێنانی رێکخراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێویستە رێکخراوێکی تایبەتیش بۆ رێکخستنەوەو کۆکردنەوەی پێشمەرگە ئازاو دڵسۆز و خاوێنەکان دروست بکرێ و ئامادە بکرێن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار.

پێنجەم: دانانی چەندین وەکری نهێنی لە شارەکان و ئامادەکردنی بنکەی نهێنی لە قەندیل و بەمۆ.

شەشەم: دروستکردنی مەفرەزەی بچوك بچوك بە ناوی تیمی پرۆپاگەندەی چەکدارەوە بۆ پرۆپاگەندەی سیاسی و داڵدەی ئەوانەی ئاشکرا دەبن.

***

بۆ زیاتر ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا، لە مانگی ئابی ١٩٧٥دا هاوڕێ فەرەیدون عەبدولقادر هاتە دەرەوەی وڵات، هەر وەکو پێشتر هاوڕێ شازاد سایب هاتبوو و بیروڕاکانی ناوەوەی هێنا بوو، بیروڕاکانی ئەوانەی دەرەوەی بردبووەوە.

هاوڕێیانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەش لە ناوەوە خۆیان لە ئەنجامی گفتوگۆدا گەیشتبوونە زۆر ئەنجامی باش و ڕاست و زۆربەی ئەو بۆچوونانەی لە سەرەوە باس کران، قبووڵ کرابوون و بڕیار درا بوو ئیشیان لەسەر بکرێت، پاش هاتنی هاوڕێ فەرەیدونیش دیسان هەمان مەسەلەو بۆچوون و بڕیار دووپات کرانەوەو جیاوازییەك لە بیروڕاکاندا نەبوو. بەڵکو بڕیار درا پەیوەندیی ناوەوە و دەرەوە بەهێز بکرێ و زیاتر تەنسیق بکرێ لە ئیش و کارەکاندا.

***

ئەم بڕیارە گرنگانە کە چارەنوسی گەلەکەمان و کۆمەڵەیان پێوە بەند بوون، جێبەجێکردنی بەشی زۆری کەوتبووە ئەستۆی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ناوەوەو هەموو ئیعتیمادی ئەوانەی دەرەوەش هەر لەسەر ناوەوە بوو.

لەو کاتەدا کە دەبوو ئیتر کۆمەڵە بە هەموو تواناوە بکەوێتە گەڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە سیاسی و رێکخراوەیی و پێشمەرگەییەی کە بۆ قۆناغێکی ژیانی گەلەکەمان دانرا بوو، تووشی چەند کۆسپی نالەبار بوو:

١-ئاژاوە فیکری و تەنزیمییەکانی ناو ریزەکانی کۆمەڵە قوڵتر و فراوانتر بوو بوو، زۆربەی ئەندامان بەهاندانی چەند کەسێکی هەلپەرست کەوتبوونە دژایەتیی سەرکردایەتی، دژایەتییەکە تا ئەهات زیادی دەکردو بەرەو تەقینەوە دەچوو، بەتایبەتی دوای جیابوونەوەی تاقمێك و دروستکردنی رێکخراوێك بە ناوی ڕەنجدەرانەوە.

٢-هاوڕێ ئەنوەر زۆراب کە لە کۆمیتەی بەغدا بوو، بە هۆی ئەندامێکی بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبەوە ئیعترافی لەسەر کرا بوو، لەبەر ئەوەی مەسەلەکەی بە جددی وەرنەگرتبوو، پاش چەند رۆژێك خۆشاردنەوە چوو بووەوە بۆ سەر ئیشەکەی و گیرا بوو، ئەمەش بوو بووە هۆی ناسینی زۆربەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە لایەن دوژمنەوە.

***

بە داخەوە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەباتی ئەوەی وەکو پێویست وەکری نهێنیی شارو بنکەی نهێنیی شاخ ئامادە بکات و نەخشەو پلانی دانراو جێبەجێ بکات و بە ڕێگەی ئوسوڵی گیروگرفت و ئاژاوەکانی ناو ڕێکخستن کۆتایی پێ بهێنێ، بڕیار دەدەن بۆ پاراستنی نهێنییەکانی رێکخستن، کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بۆ کۆمەڵە دابنێن و خۆیان بچن بۆ دەرەوەی وڵات.

بەجێ هێشتنی ناوەوەی وڵات لە لایەن ئەم هاوڕێیانەوە

لەکاتێکدا کە هاوڕێکانی دەرەوەی وڵات و ئەوانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەریکی گەڕانەوە بوون، لە کاتێکدا هەموو نەخشەو پلانی دروستکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پێکهێنانەوەی هێزی پێشمەرگەو هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، یان بە واتایەکی تر سەرکردایەتیی جوڵانەوەی کوردستانی عیراق، بەم هاوڕێیانە سپێردرا بوو، هەڵەیەکی یەکجار گەورە بوو کە هاوڕێیانی نەمر شەهاب شێخ نووری و جەعفەر عەبدولواحید بە گیانی خۆیان و هاوڕێکانی تر بە خۆڕاگرتنی قارەمانانە لە بەردەمی ئازارو ئەشکەنجەی ساواکی ئێران و داو و دەزگا فاشستییەکانی بەعس دا تۆڵەیان کردەوە.

ڕۆیشتنی ئەو هاوڕێیانە، کۆتایی بەو ئاژاوە تەنزیمی و فیکرییە نەهێنا کە لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا هەبوو، بەڵکو لە دوای ڕۆیشتنی ئەوان و گیرانی چەندین ئەندامی کۆمەڵەو خۆشاردنەوەی هەندێکی ترو ڕاکردنی هەندێکی تر بۆ سوریاو ئەوروپا، ڕێکخستن زیاتر شڵەژا و ئەو کۆمیتەیەی دانرا بوو بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە نەیتوانی وەزعەکە بگرێتەوە.

ریزەکانی ڕێکخستن پشێوییەکی زۆرتریان تێکەوت، کۆمیتەکان لەیەك دابڕان و بەشێکی ئەندامان لە یەکتری بزر بوون، شاڵاوی دوژمن تینی سەند بۆ ئەوەی هەر چی زوترە ئەو ڕێکخراوە تازە دۆزراوەیە، لەو کاتە ناسکەدا، وردوخاش بکا و نەهێڵێ خۆی ڕێك بخاتەوە.

لەم گێژەڵوکە سامناکەدا هاوڕێی نەمر شەهید شاسوار جەلال (ئارام) کە نە ئەندامی سەرکردایەتی بوو، نە لە لایەن سەرکردایەتییەوە راسپێردرا بوو، هاتە مەیدانی خەباتەوەو دەسپێشکەرییەکی گرنگ و کاریگەری کرد. ئەوەی کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکی دەبوو ئەنجامی بدایە، ئەم بە ڕێکخراوێکی لێدراوو لەتوپەت کەوتە جێبەجێی کرد.

هاوڕێ شاسوار جەلال کەوتەوە پەیوەندی کردن بە کۆمیتەو ڕێکخراو و شانەکانی کۆمەڵەوە، ئەوەندەی بۆی دۆزرانەوەو بۆی بە یەکەوە گرێ درانەوە، کۆی کردنەوەو ڕێکی خستن و ئەو سەردەمە کە هەر شارێکی گەورە لیژنەیەکی هەبوو بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەوە، لە هەر کۆمیتەیەك و ئەندامێکی کۆمیتەکە لیژنەیەکیان لێ پێکهێنرا بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە.

لە ڕاستیدا کۆمیتەی هەرێمەکان، شانازییەکی مێژوویی پێ دەبرێ، چونکە ئەم کۆمیتەیە کەوتە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵەو سازدانی پێشمەرگەو ئامادەکردنی مەفرەزەی چەکدار.

بەڵام کۆمیتەی هەرێمەکان سەرکردایەتییەکی کاتی و لاواز بوو، چونکە ئەندامەکانی جگە لە شەهید شاسوار جەلال، ئەوانی تریان هەم بە تەمەن زۆر گەنج بوون، هەم تەجروبەی سیاسی و عەسکەرییان نەبوو، هەم ئاستی نەزەرییان لە ئاستی پێویستییەکانی جوڵانەوەی گەلەکەمان و گەشەپێدانی کۆمەڵەو پێکهێنانی داو و دەزگای پێویستی شۆڕشدا نەبوو، بۆیە تا ماوەیەکی درێژ نەیانتوانی باوەڕو متمانەی بەشی زۆری ئەندامەکانی کۆمەڵە بەدەست بهێنن و نەیانتوانی باوەڕو متمانەی کۆمەڵانی خەڵك وەربگرن بەتایبەتی لە کاتێکدا کە ئیتر کۆمەڵە کەوتە خەباتی چەکدارو خەباتی سیاسیی ئاشکراو کەوتە ململانێی سیاسی لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

هەوڵدانی کۆمیتەی هەرێمەکان بۆ گرتنەوەی ڕێکخستن و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەستەی چەکدار و هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەمانە لە سەروەرییە

گەورەکانی ئەو کۆمیتەیەن. هەر وەکو گرتنە بەری ڕێبازێکی چەپڕەوی توند و خۆ بەزل زانین و کۆکردنەوەی کەسانی نەگونجاو لەگەڵ فەرمانەکان و سروشتی دەستە چەکدارەکانی سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشدا و کارکردن بە گیانی دەستەگەری، لە هەڵە گەورەکانی ئەم کۆمیتەیە بوون، کە ڕاست کردنەوەیان ماندووبوون و ڕەنجێکی زۆری گەرەك بوو.

یەکێك لە هەڵە تەنزیمی و سیاسییەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان ئەو بڵاوکراوەیە بوو کە بە راپۆرتی شوبات ناسراوەو کاتی خۆی ئاژاوەیەکی زۆری لە ناو ڕێکخستندا نایەوە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە هێرشێکی زۆر کراوەتە سەر سەرکردایەتیی پێشووی کۆمەڵەو چەندین تاوانی گەورەیان بە پاڵ دراوە، لە کاتێکدا ئەم هاوڕێیانە ملیان لەبەر چەقۆی جەللادەکانی بەعسدا بوو و هەموو رۆژ بۆ لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە دەخرانە ژێر ئەشکەنجەو ئازارەوە.

بێگومان هەڵسەنگاندنی رابردوو بەپێی سەنگ و تەرازووی مارکسیزم لینینیزم و رەخنەگرتن لە لادان و هەڵەو کەموکوڕییەکان مەرجێکی راست کردنەوەی هەڵەکان و دیاری کردنی ڕێبازی پاشەڕۆژە، بەڵام رەخنەگرتنی عیلمی یان رەخنەگرتنی هاوڕێیان شتێکە و هێرش بۆ بردن و پەلاماردان بە نیازی ریسواکردن و شکاندن شتێکی ترە.

سالانی ١٩٧٦-١٩٧٧ شانەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە هێشتا بە تەواوی خۆیان نەگرتبووەوە، بەڵکو چەند زەربەی تریان خوارد لە لایەن دوژمنەوە، بەتایبەتی ڕێکخراوی هەولێرو ڕێکخراوی هەڵۆی سوور لە بەغدا. لەو ماوەیەدا هێرشی یەك لەسەر یەکی سوپای دوژمن بۆ سەر هێزی پێشمەرگەو پەلاماری داو و دەزگا جاسوسییەکانی دوژمن بۆ سەر ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی شارەکان، کوشتن و ئیعدامی سەدان کەس و گرتنی خێزان و کەسوکاری پێشمەرگەکان و تەسلیم بوونەوەو بەزینی سەدان پێشمەرگە، جەوێکی ترسناکیان لە شارو دێهاتەکاندا دروست کردبوو، کەم کەس دەیوێرا خۆی بهاوێژێتە ناو ئەو تەنگوچەڵەمەیە.

لەو ماوەیەدا هەر ئەوە دەکرا کە هەوڵی چەسپاندنی هێزی پێشمەرگەو پاراستنی کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکان بدرێ و ڕێکخراوەکانی شار بخرێنە گەڕو بپارێزرێن.

***

ساڵی ١٩٧٧ کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تێکەڵاو کردنی سەرکردایەتیی وڵات و دەستەی دامەزرێنەری دەرەوەی وڵات پێك هات. بۆ یەکەمین جار پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەو لاکانی تری ناو یەکێتی و پەیوەندیی نێوان یەکێتی و کۆمەڵە دیاری کرا و نوێنەرانی کۆمەڵەو باڵەکانی تر پێکەوە دانیشتن بۆ ئەوەی باسی گیروگرفتە سیاسی و پێشمەرگەیی و تەنزیمی و مالییەکانی شۆڕش و داو و دەزگاکانی بکرێ و ئیش و کار بەسەر ئەندامانی دابەش بکرێ و لێپرسراوی هەرێم و لقەکان دیاری کران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دانران. هەرچەندە هاوڕێ شاسوار جەلال بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرا بۆ ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسی، بەڵام بە هۆی چاوڕاو و هەندێ مەعلوماتی ناڕاستەوە کە هەندێ کەس لە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتییەوە بۆیان نووسی بوو، نەهاتە بارەگاکانی سەرکردایەتی و بە خۆشاردنەوە لە بەری قەرەداغ مایەوە تا لە دواییدا بەو جۆرە شەهید بوو.

لە ڕاستیدا ئەگەر شەهید شاسوار جەلال گوێی لە قسەو قسەڵۆکی ئەوانە نەگرتایەو بچوایەتە لای مەکتەبی سیاسی کە بەرزترین دەسەڵاتی یەکێتی و شۆڕش بوو، بێگومان ئەوا بەو جۆرە شەهید نەدەبوو. ئەو چەند مانگەی کە هاوڕێ شاسوار لە قەرەداغ

بوو، مەکتەبی سیاسی هیچ نوێنەرێکی ئێمەی تێدا نەبوو، چونکە نوێنەرەکەی ترمان هاوڕێ سالار عەزیز بوو، ئەویش ڕۆیشتبووە دەرەوەی وڵات.

هاوڕێ شاسوار جەلال ئەو ماوەیەی لە قەرەداغ بوو، جگە لەوەی ژمارە یەکی «ئاڵای شۆڕش» ی دەرکرد، بە ئامۆژگارییە بەنرخەکانی چ بۆ کۆمیتەی هەڵمەتی سلێمانی و چ بۆ کادیرو فەرماندەی مەفرەزەکانی دەوروبەری سلێمانی، خزمەتێکی گەورەو لەبیرنەکراوی پێشکەش بە شۆڕش و کۆمەڵە کرد.

بە داخەوە هاوڕێ شاسوار جەلال زوو شەهید بوو، بۆشاییەکی گەورەی بەجێ هێشت لە کۆمەڵەدا و زەرەرێکی زل بوو لە شۆڕش و پێشمەرگەو کۆمەڵە، بەتایبەتی ئەو کاتە هێشتا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە بە تەواوی خۆیان نەگرتبوو و نە لە دەرەوەو نە لە ناو شارەکان سەرکردایەتییەکی ڕێکوپێك و یەکگرتووی نەبوو.

هەر کە هەواڵی شەهیدبوونی هاوڕێ شاسوار جەلال لە لایەن کۆمیتەی هەڵمەتەوە ڕاگەیەندرا، ئێمە ئەو کاتە کەچەند کادیرو ئەندامی کۆمەڵە لە ناوچەی شلێر بووین، دەستبەجێ کۆبوونەوەیەکی بچوکمان کردو بڕیارمان دا بە زوترین کات هەوڵی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرو ئەندامانی کۆمەڵە بدرێ.

کەڵك لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەرگیرا کە لە بەهاری ١٩٧٨ دا کران و زیاتر لە ٣٠ کادیری سیاسی و پێشمەرگەیی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك کۆبوونەوە.

کۆبوونەوەکانی نەورۆزی ١٩٧٨ی کادیرانی کۆمەڵە ڕووداوێکی گرنگی سیاسی و تەنزیمی و فیکری بوون لە مێژووی کۆمەڵەدا، چونکە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆمەڵەدا ئەوەندە کەسە کۆبوونەوە بۆ باس کردنی ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە چارەنووسی کۆمەڵەو شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانییەوە هەبوو، ئەمە جگە لەوەی هەندێ لە ڕێکخراوەکانی شار بە دوورو درێژی بیروڕای خۆیان لەسەر مەسەلە گرنگەکان دەربڕی بوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ شیکردنەوەی کۆمەڵی کوردستان و قۆناغی گۆڕان و گەشەکردنی ناکۆکییەکانی ناوی و تەبیعەتی حوکمی عێراق و مەرجەکانی درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانەو مەرجەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و مەرجەکانی حزبی پێشڕەو و بەرەی نیشتمانی و لەشکری گەل، هەروەها مەسەلە تەنزیمییەکانی کۆمەڵە باس کران و بە رابردوویاندا چوونەوەو بەرنامەی ڕێکخستنی داهاتوو بەتایبەتی لە ناو پێشمەرگەو شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دانرا و بۆ یەکەمین جار بە هەڵبژاردن کۆمیتەیەك هەڵبژێردرا بۆ ئامادەکردنی کۆنفرەنس، هەر دوا بە دوای ئەم کۆبوونەوانە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆمەڵەدا لە هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکردنی هەڵبژێردراو ناوەندێك بۆ کۆمەڵە دروست کرا، کە ببێتە مەرکەزی پێکەوە گرێدانی ڕێکخراو و کۆمیتە و شانە جیاوازەکانی شارو شاخ و سەرپەرشتیکەری چالاکیی سیاسی و تەنزیمی و فیکریی کۆمەڵە، بۆ ئەوەی یەکێتیی ڕێکخستن و یەکێتیی بیروباوەڕو یەکێتیی کار لە ریزەکانی کۆمەڵەدا بەدی بهێنێ.

کارەساتەکەی هەکاری تەگەرەی لە نەخشە سیاسی و تەنزیمیو فیکرییەکان دا و ئەو شکستەی بەسەر هێزی پێشمەرگەدا هات، کۆمەڵەشی گرتەوە. کۆنفرەنسەکە کە بڕیاری گێڕانی درا بوو، بەناچاری لەبەر بێ جێگایی و دژوارییی هەلومەرجی ئەوسا دوا خرا، ژمارەیەك لە ئەندام و کادیرەکانی کۆمەڵە شەهید بوون یان گیران لەوانە دوو ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە کە یەکێکیان هاوڕێ ئازاد هەورامی بوو کە

ئەندامی ناوەند بوو.

لەگەڵ ئەوەدا، لەو ماوەیەدا هەوڵ درا کە هەندێك بڵاوکراوە دەربکرێ، هەوڵ درا ڕێکخستنی کۆمەڵە لە ناو پێشمەرگەدا لەسەر بنچینەی شانە دروست بکرێ و لە هەندێ شوێن شانەی سەرەکی دروست کرا، پەیوەندی کرایەوە بە هەموو ڕێکخراوەکانی شارەکان و تەنانەت بە هاوڕێیانی زیندانی ئەبوغرێبەوە.

خەباتی سیاسی و فیکریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا و خەباتی پێشمەرگانەی کادیرو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەورێکی کاریگەرو پڕ شانازییان بینی لە هەڵساندنەوەی باری شۆڕشەکەداو لە ساڕێژکردنی برینەکانی کارەساتی هەکاریدا. لەم ماوەیەدا لە لایەکەوە ڕەسوڵ مامەند و تاقمەکەی و لە لایەکی ترەوە سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیانویست ئاژاوەو پەشێویمان تێ بخەن و یەکێتیی ریزەکانی کۆمەڵە تێك بدەن و هەندێك کەس هان بدەن بۆ جیابوونەوەو ئینشیقاق. بۆ خۆشبەختی، هیچ کام لەم هەوڵانەی لە دەرەوەی کۆمەڵەوە دەدرا بۆ تێکدانی، سەری نەگرت.

ئەگەرچی کارەساتەکەی هەکاری بە تێکڕا کاری لە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی عێراق کردبوو، بەڵام زۆری نەخایاند کۆمەڵەش هەستایەوەو لە ڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و تەنزیمییەوە پێش کەوت و یەکێتییەکی باشی تیادا پەیدا بوو. بەری هەوڵ و کۆششی ئەو کاتە خۆی لەکۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی کۆمەڵەدا دەنوێنێت کە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨ دا لە شێنێ کرا و لە ئەنجامی موناقەشەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا نەشرەی «فەرمانەکانی قۆناغی ئێستای خەبات» مان دەرچوو. هەر وەکو بڕیار درا ئۆرگانی کۆمەڵە بە ڕێکوپێکی دەربکرێت و زۆرتر بایەخ بەکاری فیکری و کاری تەنزیمی بدرێت. لە کۆبونەوەکانی شێنێ بە دواوە بە گشتی هەست بە گەشەکردنی چەندایەتی و چۆنایەتیی ڕێکخستن دەکرێ، ئەگەرچی دەیان کادیری تەنزیمی لەکیس کۆمەڵە چوون و گیران و لەسێدارە دران، یان لە شەڕی نابەرامبەردا شەهید بوون، بەڵام خۆڕاگرتنی هاوڕێیانی کۆمەڵە لە زیندانی فاشیستەکانی عیراق و پارێزگاریکردنی نهێنییەکانی تەنزیم بەگیانی خۆیان و هەڵسوکەوتی باشی کادیرو ئەندامانی کۆمەڵەو ڕێبازە سیاسییەکەی، بوون بە هۆی ئەوەی کە ڕێکخستنی کۆمەڵە ببێت بە هێزێکی سیاسیی گەورە، کە ئێستا ڕەنگە قورسایی ڕێکخراوەیی لە چاو هەموو حیزب و تاقم و لاکانی تری کوردستانی عێراق سەنگینتر بێت و سەدان و بگرە هەزاران ئەندام و دۆست و لایەنگری لە ڕێکخراوەکانی شارو ئۆردوگا و دێهاتەکاندا کۆکردۆتەوە.

قورسایی کۆمەڵە بە تەنیا بە هێزی پێشمەرگە پێوانە ناکرێ، بەڵکو قورسایی گەورەو راستەقینەی کۆمەڵە ئەو نفوزو بنکەیەیە کە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، لە ناو کرێکاران و جوتیاران و خوێندەوارانی شۆڕشگێڕدا دروستی کردون و ئێستا لە هەموو شارو ئۆردوگاکان و ناوچە دێهاتییەکانی کوردستاندا ڕێکخراو یاخود شانەی کۆمەڵەی لێیە، تەنیا نوقتەی زەعیفی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە ناوچەکانی بادینانە کە ئەویش وردە و وردەو بە شێنەیی خەریکە شانەو ڕێکخراوی تێدا دروست دەبێ و دەبێ ڕێگەو شوێنی باش دابنرێ بۆ گەشەپێدان و جێگیرکردن و بەهێزکردنی کۆمەڵە لە بادینان.

ئێستا لە پاڵ کۆمەڵەدا، بە دەستپێشخەریی هەندێ لە ئەندام و دۆستەکانی کۆمەڵە، یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و ڕێکخراوی شەهید لەیلا قاسم بۆ ئافرەتان دروست کراون، ئەم ڕێکخراوانە ئەهەمیەتێکی زۆر گەورەیان هەیە بۆ سازدان و کۆکردنەوەی بەشێکی

کۆمەڵانی خەڵك، هەر بە هۆی ئەم ڕێکخراوانەوە دەتوانرێ هەزاران کەس ساز بدرێن و بهێنرێنە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە.

ئەم ڕێکخراوانە هێشتا ساوان و وەکو پێویست پەرەیان نەسەندووە، پێویستە پشتیوانییەکی زۆر بکرێن، لە هەمان کاتدا پێویستە ئامۆژگاری بکرێن کە دوور بکەونەوە لە چەپڕەوی و ئیشی حیزبی سیاسی تێکەڵ بە ئیشی ڕێکخراوی دیموکراتی پیشەیی نەکەن، چونکە بەوە نەك هەر خزمەت بە ڕێکخراوەکەیان ناکەن و خزمەت بە کۆمەڵەو شۆڕش ناکەن، بەڵکو ڕێکخراوەکە لە جەماوەرەکەی دادەبڕن و دەبێتە ڕێکخراوی تاقمێکی کەم و فەرمانەکانی خۆی ون ئەکات.

***

لە ڕێکخراوێکی وەکو کۆمەڵەدا، کە لە ژێر باری سەختترین زەبروزەنگی فاشیستی دایەو هەرچی بە سوسە دەربکەوێ پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵەدا هەیە لە ژێر ئازاردا دەکوژرێ و لەسێدارە دەدرێ، لە هەلومەرجێکی وادا کە چەندین جۆرە دوژمنی چینایەتی و نیشتمانیی لێی چۆتە سەنگەرەوەو دژایەتیی دەکات، مەرجی هەرە گرنگی سەرکەوتن و پێشکەوتن و گەشەکردنی بریتیە لە یەکێتیی ریزەکانی کە دەبێ لەسەر بنچینەی چارەسەرکردنی ئوسوڵیی گیروگرفت و ناکۆکی و هەڵەو کەموکوڕییەکانی دابمەزرێ.

کۆمەڵە شان بە شانی ئەم سەرکەوتنە سیاسی و تەنزیمی و فیکرییانەی کە لە مەیدانی جیاجیادا بە دەستی هێناون، هەندێ کەموکوڕی و گیروگرفتیشی تێدایە کە دەبێ بە پێی سەرەتاکانی مارکسیزم لینینیزم و بەگوێرەی قازانج و دەستکەوتی ڕێکخستن چارەسەر بکرێن، کۆمەڵە هێشتا پەیڕەوی ناوخۆی نییە، لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا هێشتا دەستەگەری ماوە، هێشتا بەرەڵڵایی ماوە، هێشتا لە هەندێ شوێن ڕێکخستن لاوازە، هێشتا رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن وەکو چەکێکی کاریگەر بەکار نایەت، هێشتا ناتەبایی لە ناو ریزەکانیدا لە ئاستی جیا جیادا هەر لە سەرکردایەتییەوە تا کۆمیتەکانی خوارەوە هەر هەیە، هێشتا خۆ بەزل زانین و لوت بەرزی و لە خۆ ڕازی بوون و بەخۆوە نازین لە هەندێ کەسدا ماوە، هێشتا قسەکردنی لە پاشەملەو زەم و زەمکاری ماوە. ئەمانە هەن بەڵام بۆ خۆشبەختی کەم تەئسیرن و لە چاو دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی کۆمەڵە کەم و بێ بایەخن.

ئاستی فیکری و نەزەری و تێگەیشتنی سیاسیی کادیر و ئەندامەکان هێشتا لە ئاستی پێویستیدا نییە، بڵاوکراوەی ناوخۆ کە بیروڕاو هەڵوێستی هەموو ڕێکخستن یەك بخات نیە، ئۆرگانی ڕێکوپێك نیە، دەورەی هۆشیارکردنەوەی ئەندام و تێگەیاندنی کادیر بە کەمی کراوەتەوە، بڵاوکراوەی تەسقیفی نیە، وەرگێڕانی کوردیی سەرچاوە کلاسیکییە گرنگەکانی مارکسیزم و تەجروبەی شۆڕشگێڕانەی گەلان لە مەیدانی تەنزیمی و کاری سیاسی و جەماوەری و جەنگی پێشمەرگانەدا نیە. سەرەڕای ئەمانەش بە هۆی سەختیی هەلومەرجی ئیشکردنی ئێستاوە توانای بەکارهێنان و بەگەڕخستنی هەموو تواناو ئیمکانیاتی فیکری و سیاسیی ئەندامانی لێوەشاوەی کۆمەڵە نیە. دەبێ هەوڵ بدرێ ئەم کەموکوڕییانە ئەوەندەی مومکینە چارەسەر بکرێن و ئاستی هۆشیاریی ئەندام و دۆستەکانی کۆمەڵە بەرز بکرێتەوە.

دەبێ هەوڵ بدرێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە سوود لە هەڵسانەوەی بزووتنەوەی جەماوەری گەل وەربگرن و ڕیزەکانی خۆیان فراوانتر بکەن و پتەوتر بکەن، دەبێ هەوڵ بدرێ رەنجدەرانی کوردستان لە دەوری ئاڵای کۆمەڵە کۆ بکرێنەوەو باوەڕو متمانەیان بە ڕێبازەکەی وەربگیرێ، دەبێ هەوڵ بدرێ لەمەولا بایەخێکی

زۆر بە چەندایەتی بدرێ بێ ئەوەی چۆنایەتیی باشی کۆمەڵە بشێوێنرێت. دەبێ هەوڵ بدرێت تەرکیز بکرێتە سەر کرێکاران‌و ڕەنجدەرانی کوردستان، بێگومان پێك هێنانی حیزبی چینی کرێکار دوور لە چینی کرێکار کارێکی خەیاڵی و نامومکینە، بۆیە دەبێ هەوڵێکی زۆر بدرێ بۆ فراوانکردنی بنکەی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە ناو کرێکاران دا، بەتایبەتی ئێستا کە دەیان هەزار کرێکار لە شارو ئۆردوگاکانی کوردستاندا هەن و تا دێ هۆشیاریی چینایەتییان زیاد دەکات و قورساییان لە ناو کۆمەڵەدا سەنگینتر، دەبێ، کۆمەڵەش هەوڵ بدات پێك هاتنی چینایەتیی ڕێکخستنەکەی خۆی لەگەڵ بیروباوەڕەکەی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستاندا بگونجێنێ.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بەرنامەیەکی تەنزیمی دابنرێت بۆ قۆناغی داهاتووی ئیش کردن، کە پێویستییەکانی گەشەپێدانی چۆنایەتی و چەندایەتیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە تەئمین بکات و زەمینەی دامەزراندنی حزبی پێشڕەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان خۆشتر بکات.

****

گەلێك جار باسی سەربەخۆبوونی کۆمەڵە دەکرێ، گوایە کۆمەڵە سەربەخۆیی خۆی لەدەست داوە. لە ڕاستیدا ئەم قسەیە هەر وەکو ڕاست نیە، هەق وایە ناحەزانی کۆمەڵە (نەك ئەندامانی کۆمەڵە) ئەم توهمە ناڕەوایە بە پاڵ کۆمەڵە بدەن.

بێگومان هەر حزب و تاقمێکی سیاسیی سەربەخۆ کە دەچێتە ناو سیغەیەکی جەبهەوی یا نیمچە جەبهەوییەوە، دەبێ هەر لە سەرەتاوە قبوڵ نەکات و نەچێت یاخود کە قبوڵی کرد و چوو، دەبێ خۆی ببەستێتەوە بە هەندێ مەرج و ئیلتیزامی موشتەرەکەوە لەگەڵ ئەو تاقم و لایەنەی تردا کە پێکەوە ڕێکخراوە موشتەرەکەکەیان دروست کردووە.

ڕاستە کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، خەباتی کردووە بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی و خۆی بەستۆتەوە بە ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بەلام ئاخۆ لە دیاری کردنی بەرنامەو ڕێبازی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کام لا دەوری کاریگەرو سەرەکیی گێڕاوە؟ ئاخۆ ڕێبازی گشتیی سیاسی‌و پێشمەرگانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نواندنەوەی هەمان ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگەیی کۆمەڵە نەبووە لەسەر ئاستێکی فراوانترو بەرینتردا؟

هاوڕێیانی بەڕێز!

سەربەخۆیی هیچ حزب و ڕێکخراوێك بەو مانایە نیە کە داخلی هیچ سیغەیەکی جەبهەوی نەبێ و خۆی نەبەستێتەوە بە هیچ ڕێبازێکی موشتەرەکەوە لەگەڵ لای تردا، بەڵکو سەربەخۆیی بە مەعنای تەنزیمی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە ڕێکخستنێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت، کە لە لایەن خۆیەوە ڕابەری و پەروەردە بکرێت، ئامۆژگاری و فەرمان لە سەرکردایەتییەکەی خۆیەوە وەربگرێت، وەك ڕێکخراوەکە سەرکردایەتیی تایبەتی خۆی هەبێت و سەربەخۆیی لە دیاری کردنی بیرو ئاراستە و ڕێبازو لە بڕیاردانی مەسەلە ئایدیۆلۆجی‌و سیاسی‌و تەنزیمییەکاندا، سەربەخۆ بێت، لە بڕیاردانی بەرنامەی سیاسی و فیکریی خۆیدا، سەربەخۆ بێ، لە بڕیاردانی هەڵبژاردنی شێوەکانی خەباتدا، سەربەخۆ بێ، لە دیاریکردنی دۆست و هاوپەیمان و دوژمن و ناحەزەکانیدا، سەربەخۆ بێ، لە بڕیاردانی ستراتیج و تەکتیکیدا، لە دیاریکردنی ئامانجە دوورو نزیکەکاندا، لە دیاری کردنی پێك هاتنی چینایەتی‌و کۆمەلایەتی دا.

جا ئاخۆ کۆمەڵە لە کامێك لەمانە سەربەخۆ نەبوە؟ ئاخۆ کۆمەڵە خاوەنی سەرکردایەتیی خۆی نەبوە؟ بڕیارەکانی بە دەست ئەو سەرکردایەتییە نەبووە؟

دیاری کردنی ئامانجە دوور و نزیکەکانی بە دەست خۆی نەبووە؟ ڕێکخراوەکانی لە باری ڕێکخستنەوە بە تەواوی نهێنی و سەربەخۆ نەبوون؟ دیاری کردنی ڕێبازی سیاسیو پێشمەرگەیی و تەنزیمی بە دەست خۆی نەبووە؟ دیاری کردنی بیروباوەڕو تیۆرییەکەی بە دەست خۆی نەبووە؟

ئەگەر ئەمانە بە دەست سەرکردایەتی و دەزگا دەسەلاتدارەکانی کۆمەڵە خۆی نەبوون، ئەی بە دەست کێ بوون؟ بێگومان کۆمەڵە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە.

***

گوێزانەوە لە قۆناغی خەباتی نهێنییەوە بۆ ئاشکراو لە قۆناغی خەباتی ناو شارەوە بۆ لادێ و لە خەباتی سیاسییەوە بۆ چەکدار، هەر وا کارێکی ئاسان نەبوو.

یەکەم: چونکە کۆمەڵە خۆی بۆ خەباتی چەکدار ئامادە نەکرد بوو، هەر وەکو پێشبینیی ئەوەشی نەدەکرد کە سەرکردایەتیی بارزانی بەم جۆرە بە زوویی و کتوپڕ ئاشبەتاڵ بکات.

دووەم: کۆمەڵە لەبەر ئەوەی تەرکیزی کردبووە سەر دروستکردنی ڕێکخستن و پەروەردەکردنی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و پێگەیاندنی کادیری سیاسی و تەنزیمی، کادیری پێشمەرگەریی پێ نەگەیاندبوو.

سێیەم: لە هەلومەرجی ئەوسادا ماوەی خۆدەرخستنی کۆمەڵەو کارکردنی ئاشکرا یاخود نیمچە ئاشکرا نەبوو، بەڵکو دەبوایە بەوپەڕی نهێنییەوە بجوڵێتەوە چونکە هەم لە لایەن دەزگاکانی شۆڕشەوە لێی دەدرا، هەم لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە، هەر وەکو حیزبی کۆمۆنیستیش دەچوو بەگژیدا.

لە ساڵی ١٩٧٦ کە بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار درا، کۆمەڵە دەسپێشکەریی کرد و چ لە بادینان و چ لە ناوچەکانی سۆران لە هەردوو لاوە هاوڕێیانی کۆمەڵەو بە دەستپێشکەریی ئەوان مەفرەزەکانی هەوەڵ جار چونە شاخ.

لە ڕاستیدا بە هۆی نابەرامبەریی تەرازووی هێزەکانی گەلەکەمان و دوژمنەوە، ستراتیجی جەنگەکە لەباتی ئەوەی جەنگێکی فراوان و خێرا و بەربڵاو بێت کە لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجامەکەی بەلایەکدا بکەوێت، ستراتیجی جەنگی درێژخایەن بۆ پساندنی دوژمن و ماندووکردن و هەراسان کردنی گیرایە بەر، بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵێکدا تەرازووی هێزەکان بە شێنەیی بگۆڕێت و بە لای شۆڕشدا بکەوێت.

هەر بۆیە ئەم سەرەتا پێشمەرگەییانە کرانە بنچینەی پێك هێنانی پێشمەرگە:

یەکەم: ستراتیجی شەڕەکەمان شەڕێکی درێژخایەن بێت.

دووەم: شێوەی شەڕەکەمان جەنگی پارتیزانی بێت بە شێوەی مەفرەزەی بچوك و بڵاو.

سێیەم: مەیدانی شەڕەکەمان شاخ و دێهاتەکانی کوردستان بێت.

چوارەم: بایەخ بدرێت بە چۆنایەتیی پێشمەرگەکان و ماوە نەدرێت لە ڕووی چەندایەتییەوە ئەوەندە زۆر بێ کە تەبیعەتی هێزەکەو شەڕەکە بگۆڕێ و زیاد بێ لە پێویستییەکان.

پێنجەم: مەفرەزە بکرێتە وەحدەی ئەساسی ڕێکخستنی عەسکەریمان.

شەشەم: ئەرکی سەرەکیی مەفرەزەکان هۆشیار کردنەوەو ڕاپەڕاندن و سازدان و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵك بێت نەك لێدان و لەناوبردنی دوژمن، بۆیە ناو نرا بوو تیمی پرۆپاگەندەی چەکدار.

حەوتەم: ئەو مەفرەزانە بە سەرانسەری ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا بڵاو ببنەوە.

ئەمانە بەگشتی ئەو سەرەتایانە بوون کە دەبوو مەفرەزە یاخود دەستەی چەکداریان پێ دروست

بکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدارو جۆری هێزی چەکدار و فەرمانەکانی هێزە چەکدارەکە، بە تەواوی وەکو دەویسترا، لە چوارچێوەی ئەو نەخشەیەدا کە بۆی دانرا بوو جێبەجێ نەبوو لەبەر چەند هۆیەك:

یەکەم: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە ئەوکاتە تازە بە تازە لێدانی سەخت و کاریگەریان خوارد بوو، هێشتا هەمووی کۆ نەکرابوونەوەو بە چاکی نەخرابوونە گەڕ.

دووەم: کۆمەڵە ئەندامانی سەرکردایەتییەکەی پێشووی هەمووی گیرا بوون و هێشتا سەرکردایەتییەکی نوێی خاوەن تەجروبەو بەهێزی ئەوتۆی نەبوو کە لە عۆدەی ئەم فەرمانە بێت.

سێیەم: بە هۆی هەلومەرجی ئەو کاتەوە هێشتا ڕێکخراوەکانی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی وڵات نەیانتوانی بوو تەنسیق بکەن، یاخود سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو پێك بهێنن، تا نەخشەکەش وەکو یەك جێبەجێ بکەن و موبادەرەکان لە هەموو لاوە بەپێی نەخشەکە بکرێت.

چوارەم: کۆمەڵە لە مەیدانی پێکهێنانی هێزی چەکداردا، جگە لەوەی کادیری کەم بوو، تەجروبەشی زۆر کەم بوو، خۆیشی تەنیا هێزی مەیدان نەبوو، بەڵکو زۆری نەخایاند چەند تاقمێکی تریش هاتنە مەیدانەوە و کەوتنە منافەسەو بۆڕبۆڕێن.

پێنجەم: کەمیی ئیمکانیاتی ماددی و بەشەری.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو، لە مەیدانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، لە هەلومەرجی دژوارو سەختی ئەوسای کوردستانی عیراقدا، لە کاتێکدا کە سەرکردایەتیی بارزانی و سەرکردایەتیی بۆرجوازی و شۆڕشی کوردستانی عێراق بە زیاتر لە سەد هەزار پێشمەرگەوە خۆی لە کۆڕی شەڕدا پێ ڕانەگیرا بوو، هاوڕێکانی کۆمەڵە بەوپەڕی قارەمانێتییەوە ئەم دەستپێشکەرییە مێژووییەیان گرتە ئەستۆو هەم لە بادینان و هەم لە هەندێ لە ناوچەکانی سۆران گڕی پیرۆزی شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە.

بێگومان دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لەو زروفەی ئەوسای کوردستاندا، بە یەکێك لە گەورەترین سەروەرییەکانی کۆمەڵە دەژمێردرێ. ڕاستە کۆمەڵە بەم هۆیەوە گەلێك قوربانیی گەورەی داوە، سەدان ئەندامی لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا شەهید بوون، بەڵام بەو گیانبازی و فیداکاری و خۆبەخت کردنە، هاوڕێکانی کۆمەڵە بورجێکی بڵندی سەروەریی شۆڕشگێڕانەیان بنیات ناوە کە نەك هەر لە کوردستانی عیراقدا و نەك هەر لە پارچەکانی تری کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو ناوچەکەدا دیارەو بەدی دەکرێت.

***

سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە ڕاستی دا زۆر زەحمەت بوو، چەك و ئیمکانیەت زۆر کەم بوو، کادیری عەسکەری و پێشمەرگەیی شارەزاو لێوەشاوە زۆر کەم بوو، ڕێکخراوەکانی ناو شارمان لە هەندێ شوێن نەما بوون و لە هەندێ شوێنی تر بوون زۆر زەعیف بون، ئومێدی خەڵك بە خۆڕاگرتنی پێشمەرگەو سەرکەوتنی جوڵانەوەکە زۆر کز بوو، لە بەرامبەر ئەمانەدا حکومەتی عیراق لە ڕووی ئیمکانییاتی عەسکەرییەوە زۆر بەهێز بوو، خۆی چەکدار کردبوەوە، هەموو شوێنە گرنگەکانی کوردستانی گرتبووە، معارەزەی عێراقی تەسفیە کردبوو، وەزعی ئیقتسادیی بە هۆی زیادبوونی دەرامەتی نەوتەوە زۆر باش بوو، پەیوەندیی چاکی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و زۆر لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا دامەزراند بوو. لەبەر ئەوە نابەرامبەرییەکی یەکجار گەورەی عەسکەری، سیاسی، بەشەری، ئیقتسادی، ئیعلامی هەبوو. جگە لەمانە هەمووی، هاتنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی

کوردستان بۆ ناو جوڵانەوەکە و بۆ ناو یەکێتی، هاتنی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو هێزێکی چەکدارو سیاسی بۆ سەر مەیدانی کوردستان لەباتی ئەوەی تین و تەوژمێکی شۆڕشگێڕانەی راستەقینە بدەن بە جوڵانەوەکە، گەلێك گیروگرفتی دروست کردو لە زۆر ڕووەوە تەئسیری سەلبیی کردە سەر ڕێبازی پێشمەرگانەمان.

هاتنەوەی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو هێزێکی کۆنەپەرست و گرێدراوی ئێران و ئەمریکا، لە ڕاستیدا بۆ تێکدانی جوڵانەوەکە بوو، بۆ ئەوە بوو رێ لەو ئیتجاهە سیاسی و عەسکەرییە نوێیە بگرێت کە خەریك بوو لە ناو جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی عیراقدا جێگیر دەبوو، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە دەورێکی تێکدەرانە بگرە خائینانەیان گێڕا بۆ ئەوەی جوڵانەوەکە هەر بە ساوایی لەناو بچێت، ئەوە بوو بەپلان و فێڵ هەموو مەفرەزەکانی بادینانیان لە ناو بردین کە هاوڕێی قارەمانمان برایم عەزۆ فەرماندەیان بوو و دەیان ئەندام و دۆستی کۆمەڵەیان تیا بوو. ئەوە بوو لە ناوچەکانی سۆرانیش بە کۆکردنەوەی بەتۆپەڵی عەشایەر و کەسانی گومانلێکراو و دزو جەردە و دەست کردن بە ڕاوو ڕووت و ئازاردانی خەڵك و شێواندنی ناوی شۆڕش و پێشمەرگە و دوایی تر تەسلیم بوونەوەی بەکۆمەڵ و پێکهێنانی تاقمی جاش لە شارەکاندا زەرەری گەورەیان لە شۆڕش دا. هاتنی برایانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بۆ ناو جوڵانەوەکەو بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەگەرچی لە سەرێکەوە تین و تەوژمێکی بەهێزی دا بەجوڵانەوەکە، بەڵام لە سەرێکی ترەوە تەئسیری سەلبیی کردە سەر شۆڕش و یەکێتی و ئەو پلانە پێشمەرگەییەی دانرا بوو، تا ئەندازەیەکی زۆر تێك درا و جێبەجێ نەکرا.

ڕێبازی پێشمەرگانەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان هەر لە سەرەتاوە جیاواز بوو لە هی کۆمەڵەو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەر راستیشدا دەبوایە جیاواز بێ چونکە لە دوو روانگەی جیاوازو لە دو جیهانبینیی جیا جیاوە سەیری مەسەلەکەیان دەکرد.

بە هاتنی بزوتنەوە بۆ ناو شۆڕش، هەموو ئەو نەخشەیەی کە دانرا بوو بۆ دروست کردنی تیمی پرۆپاگەندەی چەکدار لە مانگەکانی هەوەڵ دا، بۆ ئەوەی کە بە شێنەییو بە شێوەیەکی ئاسایی مەفرەزەکان گەشە بکەن، تێك چوو.

برایانی بزوتنەوە بە پەلە بوون بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و قەبەکردنی هێزی پێشمەرگە، هەر بۆیە گوێیان نەدەدایە چۆنایەتی و سەدان ئاغاو کوێخاو شێخ و کەسانی گومانلێکراو و پاشەڵ پیسیان کۆکردەوە. تەرکیبی هێزی پێشمەرگە خەریك بوو بەرەو ئەوە بچێ ببێتە هێزێکی عەشایەری، مەفرەزەو کەرت و هەرێمەکان نەك بەگوێرەی پێویستیی عەسکەری و سیاسی و لێکدانەوەی ئیعتباراتی عەسکەری و جوگرافی و ئیداری دروست نەکران، بەڵکو لەسەر بنچینەی هۆزو تیرەو عەشیرەت پێك دەهێنران، بەرەڵڵایی و بێ ئیلتیزامی، رەفتارکردنی خراپ لەگەڵ خەڵك و پێشمەرگەی سادە بڵاو بوونەوە. برایانی بزوتنەوە هەر وەکو بە پەلە بوون بۆ کۆکردنەوەی هێزی چەکدارو قەبەکردنی، بە پەلەش بوون بۆ ئەوەی قورساییەکی عەسکەری دروست بکەن و حکومەت ناچار بکەن هەندێ لە داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات. هەر لەبەر ئەوە، لە باتی ئەوەی پێشمەرگەکان بە گیانی نەبەزین و کۆڵنەدان و بەرگەگرتنی هەلومەرجی سەخت و قاڵ بوون لە بۆتەی دژواری و ناڕەحەتیی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا پەروەردە بکرێن، هەمیشە گیانی مساوەمەو سات و سەوداو سەرکەوتنی خێراو

بەپەلەیان تێدا بڵاو دەکردنەوە، بۆیە هەمیشە بە هیوای مفاوەزات و ڕێککەوتن بوون لەگەڵ دەوڵەت، بە هیوای چاوپۆشیی ئێران بوون، بە ئومێدی برایەتی و دۆستایەتی بوون لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتیی پارتی. بێگومان هێزی لەو بابەتە خۆی لەبەر پەلاماری توندوتیژدا ناگرێت، هەر بۆیە کە هێرشە فراوان و گەورەکانی حکومەت لە بەهاری ١٩٧٧ دا دەستیان پێ کرد، زۆربەی ئەو هێزانە لە ماوەیەکی کەمدا ورەیان بەردا و تەسلیم بوونەوە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا تەئسیرێکی زۆر سەلبی و خراپی کردە سەر شۆڕش چونکە ١-ژمارەیەکی زۆر چەکیان بردەوە ٢-دڵی خەڵکیان سارد کردەوە ٣-باوەڕو متمانەی خەڵکیان بە پێشمەرگەو سەرکەوتنی جوڵانەوەکە کز کرد.

***

ڕێبازی پێشمەرگانەی کۆمەڵە بریتی بوو لە پێکهێنانی مەفرەزەی بچوك و لەسەر بنچینەی لێوەشاوەیی فەردی و پەروەردەکردنی سیاسی و باوەڕهێنان بە عەدالەتی مەسەلەکەو خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕو خەباتی درێژخایەن و گەشەکردنی بەشێنەیی، هەر ئەمەیان لە مەیدانی تاقیکردنەوەدا دەرکەوت کە ڕاستترین ڕێبازە، بۆیە چاکتر لە پێشوو جێگیر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو مەفرەزەکانی کۆمەڵەشدا دەیان کەسی بێکەڵك و بێ بیروباوەڕی تێ کەوتبوو کە لەگەڵ ئەو سەرەتایانە نەدەگونجان کە کۆمەڵە دیاریی کردبوون، ئەمانەش نەك نەیانتوانی ئەرکەکانی تیمی پڕۆپاگەندەی چەکدار بەجێ بێنن و نەك هەر نەیانتوانی رووی پرشنگداری کۆمەڵە بە خەڵکی بناسێنن، نەك هەر نەیانتوانی ببنە تێکۆشەری شۆڕشگێڕ بەڵکو لە ڕاستیدا، ئەمانەش بە شێوەیەکی تر زیانی زۆر زلیان لە شۆڕش دا و سومعەی کۆمەڵەو پێشمەرگەو شۆڕشیان لە ناو خەڵك زڕاند. ئەمانە هەندێکیان خۆیان ڕۆیشتن و چونە پاڵ دوژمنەکانی وەکو سەرکردایەتیی کاتی، هەندێکیان تەسلیم بوونەوەو باقییەکەی تریشیان تەسفیە کران.

***

ساڵی ١٩٧٧ لە ڕاستیدا لە لایەکەوە ململانێیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی بوو لە نێوان ڕێبازی پێشمەرگانەی کۆمەڵەو ڕێبازی پێشمەرگانەی بزوتنەوەدا لە ناو جوڵانەوەکەداو لە لایەکی تریشەوە ململانێیەکی سەخت و خوێناوی بوو لە بەینی هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی دوژمندا.

کۆمەڵە دەیویست ڕێبازی پێشمەرگانەی خۆی بچەسپێنێت و گوتەو بۆچوونە عەسکەری و سیاسییەکانی جێ بەجێ بکات. هەروەها بزوتنەوەش هەمان هەوڵی دەدا. ئەگەرچی کۆمەڵە نەیتوانی هەموو ڕێبازەکەی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین تا ئەندازەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەست هێنا و لە زۆر جێگە خۆی جێگیر کردو مەفاهیمە عەسکەرییەکانی خۆی چەسپاند.

ساڵی ١٩٧٧ هەر وەکو لە ناو هێزی پێشمەرگە و یەکێتیی نیشتمانیدا ساڵی ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆجی بوو، هەروەها بە تێکڕا لە بەینی هێزی پێشمەرگەو دوژمندا ساڵی ململانێی مان و نەمان بوو. هێزەکانی پێشمەرگە خەباتیان کرد بۆ ئەوەی خۆیان جێگیر بکەن و ڕەگ و ریشە دابکوتن و دوژمن ئیتر نەتوانێت لەناویان ببات. هەر بۆیە هێزەکانی حکومەت بە هێرش و پەلاماری عەسکەری، بە پارەو هەڵخەڵەتاندن، بە پلان و گفتوگۆ کردن دەیویست هێزەکانی پێشمەرگە لەناو ببات، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی کاتیی بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا ئابلۆقەی بدات و هێزەکانی تەفروتونا بکا. هێزەکانی پێشمەرگەش مقاوەمەتیان دەکردو دەیانویست بچەسپێن. سەرەنجامی ئەم ململانێیەش سەرەڕای نابەرامبەریی تەرازووی هێزەکانی شۆڕش و دوژمن، بە قازانجی

پێشمەرگە تەواو بوو. هێزەکانی پێشمەرگە خۆیان ڕاگرت، جێگیر بوون، دوژمن نەیتوانی لەناویان ببات. بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین کە هاوڕێکانی کۆمەڵە لەمەشدا پشکی سەرەکیی ئەو سەروەرییەیان پێ دەبڕێت.

پایزی ۱۹۷۷و زستان و بەهاری ۱۹۷۸ هێزەکانی پێشمەرگە بوژانەوە، لە شەڕی مان و نەماندا لەگەڵ عێراق بە سەرکەوتویی هاتنە دەرەوە. لە شەڕی سیاسی و عەسکەریدا لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتی لەهەموو پارێزگاکانی سۆران بە سەربەرزی هاتنە دەرەوە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئیتر وەکو هێزێکی ڕێکخراوو یەکگرتوو کەوتە گەشەکردن و زیاد بوون، ریزەکانی وردە وردە پاك دەبوەوە لە کەسانی ناشۆڕشگێڕو بەدناو و بەدڕەفتار. ئەو لاسەنگییەی کە لە ساڵی یەکەمی شۆڕشدا لە بەینی نفوزی کۆمەڵەو بزوتنەوەدا دروست بوو بوو بەرەو تێکچون دەچوو، نفوزی بزوتنەوە لە ناو پێشمەرگەو خەڵکدا تا دەهات کەمتر دەبووەوە، بە پێچەوانەوە نفوزی کۆمەڵە زیادی دەکرد، لاسەنگییەکە بەشێنەیی بەرەو هاوسەنگی دەچوو، ئیتر کۆمەڵە بوو بووە خاوەنی دەیان فەرماندەو کادیری پێشمەرگەیی چاك و سەدان پێشمەرگەی ئازاو دلێر، جگە لەوەی ڕێبازە عەسکەرییەکەشی تا ڕادەیەکی چاك چەسپی بوو.

هەر لەو ماوەیەدا، پێویستیی پێك هێنانی هێزی پێشمەرگە لە بادینان و کردنەوەی ڕێگای هێنانی چەك و تەقەمەنی یان بە واتایەکی تر، شکاندنی تەوقی ئەو ئابڵوقەیەی لە دەوری جولانەوەکە بوو، بوو بووە ئەرکێکی پێویست و ئەرکی سەرەکیی قۆناغی ئەو کاتە. هەر بۆ ئەو مەبەستە هێزێکی گەورەی تێکەڵاو لە پێشمەرگەی هەموو شوێنەکانی کوردستانی عیراق و تێکەڵاو لە ئیتتیجاهە سیاسییە جیاجیاکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێ خرا بەرەو بادینان.

بە داخەوە ئەم تەقەلایە نەك هەر سەری نەگرت، بەڵکو بە هۆی ڕێبازی سیاسیی سەرکردایەتیی هێزەکەوە، کە ئەویش نواندنەوەی ڕێبازی پێشمەرگانەی بزوتنەوە بوو، شکستێکی ئەوەندە گەورەی بەسەردا هات نزیك بوو شۆڕشەکەو یەکێتیی نیشتمانی و تا ئەندازەیەکی کاریگەریش کۆمەڵە بە تەواوی لەناو بچێت.

شکستی هێزی پێشمەرگە لە هەکاری، ئەگەرچی زەربەیەکی کاریگەر بوو لە تێکڕای جولانەوەکە، بەڵام لە ڕاستیدا شکستی ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگانەی بزوتنەوە بوو لە جولانەوەی کورد دا. هەرچەند هاوڕێیانی کۆمەڵەش بەشدار بون لە هەڵگرتنی باری مسئولیەتی ئەو شکستەدا، بەڵام لە ڕاستیدا سەرکردەکانی بزوتنەوە بە ڕادەی یەکەم تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە دەکەن چونکە ئەوساکە بەشی زۆری مەسئولیەتی عەسکەریی بەرزی ناو شۆڕش لەدەست ئەواندا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵەش شەریکی ئەو زەرەرو زیانە زلە بوو کە لە شۆڕش کەوت و لە ئەنجامی ئەمەدا دەیان ئەندامی شەهید بوون و بریندار بوون و گیران.

شایانی شانازییە کە هاوڕێکانی کۆمەڵەمان بە درێژایی ئەو ڕێگا دژوارە نمونەی پێشمەرگەی ئازاو خۆڕاگرو فیداکار بوون و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە فەرمانەکانی سەرکردایەتیی هێزەکەیان جێبەجێ دەکردو لە کاتی گیرانیشدا بە پێچەوانەی هەندێ لە سەرکردەکانی بزوتنەوە، کە لەبەر ترسنۆکی و تەنازول کردنیان، بوو بوونە مایەی گاڵتە پێ کردنی سەرکردایەتیی کاتی ، لەوێش بە خۆڕاگری و جوامێریی خۆیان دوژمنیان ناچار کرد بوو کە حورمەتیان بگرێت و بە چاوێکی ترەوە جیاواز

لەو چاوەی تەماشای هەندێ لەوانیان پێ دەکرد سەیری ئەمان بکەن.

کۆمەڵەو ئەندامە تێکۆشەرەکانی چ ئەوانەی لە ڕیزی پێشمەرگەدا بوون و چ ئەوانەی لە شارو لادێکاندا خەباتی سیاسییان دەکرد دەورێکی گەورەو کاریگەرو قارەمانانەیان بینی لە هەڵساندنەوەی شۆڕش و بژاردنی ئەو شکستە گەورەیەدا و لە پاراستنی ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی جوڵانەوەکە لە لادان بەم لا و بەو لادا و لە خلیسکان بەرەو زەلکاوی مساوەمە لەگەڵ عیراق یاخود ئێران یان لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتی ، لە کاتێکدا کە پاشماوەی سەرکردایەتییەکەی بزوتنەوە دەورێکی ناشۆڕشگێڕانە و بەڵکو ناشەریفانەیان بینی هەم لەتێکدانی ریزەکانی یەکێتی و شۆڕشدا و ساردکردنەوەی پشتی خەڵك لە خەبات و تێکۆشان، هەم لە هاندانی سەرکردایەتیی کاتیی بۆ کوشتن و لەناوبردنی شەهیدانی نەمر عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید سەعید و حسێن بابە شێخ.

لە کاتێکدا کۆمەڵەو کادیرو ئەندام و دۆستەکانی هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆیان تەرخان کرد بوو بۆ بەهێز کردنی ڕیزەکانی پێشمەرگەو سارێژ کردنەوەی برینەکانی، باڵە یەمینییە هەلپەرستەکەی ناو بزوتنەوە کەوتە گێڕانی پیلان و نانەوەی ئاژاوەو دڵی دەیان کەسی سارد کردەوەو ئالأی مساوەمە کردنی بەرز کردبووەوە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە لایەك و لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتی لە لایەکی ترەوە. ئەمە جگە لەوەی بوو بوو بە کوانوی کۆکردنەوەی بەزیو و گومانلێکراو و داخ لەدڵ و ئاژاوەچی و محاسەبەکراوەکانی ناو شۆڕش.

بەو جۆرە پشێوییەکی سیاسی و فیکری و تەنزیمی و هەندێ کات پشێوی و بەرەڵڵایی و یاخی بوونیان لەڕیزەکانی پێشمەرگەدا دروست دەکرد. لەمەدا دکتۆر مەحموود عوسمان و جەماعەتەکەشی درێغییان نەکرد. ئەمانە هەرچەند هەندێ جار بە ناوی سەربەخۆبوونی باڵەکانی ناو یەکێتی و هەندێ جار بە ناوی چەپڕەوی و تاکڕەویی کۆمەڵەو هەندێ جار بە ناوی دیکتاتۆریەتی مام جەلال و ئینحیازی بە لای کۆمەڵەدا، ئەو گۆبەندەیان دەگێڕا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بەهانانە هەمووی درۆ بوون و مەبەستەکە ڕێگرتن بوو لەگەشەکردنی کۆمەڵەو ئەستوور بوونی باسکی لە ناو پێشمەرگەو یەکێتیدا. ئەمانە بە درۆ و پیلان هەندێك جار لە مام جەلال نزیك دەبوونەوە دژی کۆمەڵە و هەندێ جاری تر لە کۆمەڵە نزیك دەبوونەوە دژی مام جەلال. لە ڕاستیدا هەوڵ و تەقەلای ئەمانە ئەو هەلە بوو کە بە هۆی کارەساتی هەکارییەوە بۆیان هەڵکەوتبوو بۆ ئەوەی دژی کۆمەڵەو ڕێبازە سیاسی و عەسکەرییەکەی بەکاری بهێنن و بۆ ئەوەی نفوزو دەسەڵاتی بۆرجوازیی ئابرووچووی کورد بگێڕنەوە، ئەمانە ترسیان لە بەهێز بوونی کۆمەڵە پەیدا کرد بوو کە ڕابەرایەتیی جوڵانەوەکەی بکەوێتە دەست، یان بە واتایەکی تر ناکۆکی لە نێوان باڵە یەمینییە هەلپەرستەکەی بزوتنەوە و کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیدا، شێوەیەك بوو لە ململانێی چینایەتی و شەڕی سیاسیی نێوان دوو ڕێبازی جیاواز.

ئێمە لەلای خۆمانەوە هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ڕازی کردنی ئەمانە، تەنانەت هەندێ جار تا کەناری سات و سەوداو معامەلەش چوین و زۆر کارو کردەوەی ناشۆڕشگێڕانەو ناپێشمەرگانەمان لێ قبوڵ کردن، هەر بۆ ئەوەی یەکێتیی ریزەکانی گەلەکەمان و بەتایبەتی یەکێتیی ریزەکانی پێشمەرگەو یەکێتیی نیشتمانی بپارێزین، بەڵام ئەمانە هەمیشە خەریکی کنەکردن و پیلانگێڕان و هەڵگێڕانەوەی پێشمەرگە بوون، خەریکی سازکردنی پیلانی پارچە پارچە کردنی هێزی پێشمەرگەو یەکێتیی نیشتمانی بوون،

تەنانەت هەوڵیان لەگەڵ هەندێ کەسیشدا دەدا بۆ ئـەوەی کۆمـەڵەیـەکی ساختە دروسـت بکەن و جیا ببنەوە.

ئەو ئاژاوەیەی پاشماوەکەی بزوتنەوە بە هاندانی دکتۆر مەحموود عوسمان و رابەریی رەسول مامەند و عەلی هەژار نایانەوە، زیانێکی زۆری لێ داین، چونکە ئـەو کاتە هێشتا لە قۆناغی هەستانەوەو بیناکردنەوەی هێزەکانی شـۆڕش دا بوین، هێشتا برینەکانی هەکاری ساڕێژ نەبوو بـوون، سـەرەڕای ئـەمـانـەش ئـەو کـاتـە گـەلانـی ئـێـران لـە سـەرەتـای راپـەڕیـنـدا بـوون و جموجوڵێکی شۆڕشگێڕانەش کـەوتـبـووە کـوردسـتـانـی ئـێـرانـەوە. هـەر بـە هۆی خەریکبوونەوە بە ئـاژاوەی ئـەم تاقمە هەلپەرستە گێرەشێوێنەوە، کۆمەڵەمان نەی پەرژایە سەر ئەوەی دەورێکی کاریگەرو گرنگ بگێڕێ لە کوردستانی ئێراندا. هەموو هەوڵ و تەقەلای ئێمەو هەموو نەرمی و مساوەمەیەکی لەگەڵ ئەم تاقمەدا کردمان سوودی نەبوو، لە ئەنجامدا جیا بوونەوە و سەدان پێشمەرگەو دەیان کادیری بزوتنەوەیان خەڵەتاندو رۆیشتن، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان پارچە پارچە کـردو بە جیا کەوتنە چالاکییەکی تەخریبی دژی کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانی و حەملەیەکی پڕوپاگەندەیی زاڵمانەیان دەست پێ کرد.

بـەڵام چونکە ئەمانە لـە قسەکانیاندا ناڕاست بوون، پڕوپاگەندەکانیان لەسەر بناغەی درۆو بوختان دامەزرا بوو و رێبازێکی ئیستسلامی و بەزیوانەیان گرتبوو، فریان بە سەر بیروباوەڕی سۆسیالیزمەوە نەبوو، زۆری پێ نەچوو بە چاکی بۆ کۆمـەڵانی خەڵکی کوردستان دەرکەوتن و ریسوا بوون.

ئەگەر لە سەرەتادا جیابوونەوەی باڵە یەمینییە هەلپەرستەکەی بزوتنەوە توانیبێتی هەندێ زەرەری سیاسی و عەسکەریمان لێ بـدات بـەوەی سـەدان پێشمەرگەیان هەڵگێڕایەوەو سـەدان پارچە چەکیان بردو بە زیـاد کردنی تەڵزمێکی سیاسیی تر زیاتر دڵی خەڵکیان بە هۆی دووبەرەکییەوە سارد کردەوە، لە ئەنجامدا ئەوە بە شتی ئیجابی هەڵگەڕایەوە، چونکە ریزەکانی پێشمەرگەو یەکێتی لە زۆر کەسی بەدناوو گومانلێکراوو شەڕنەکەرو دزو رەوشت نزم پاك بووەوە و بۆچوونەکانی کۆمەڵەش زیاتر جێگیر بوون و سەلمان. ئەگەر ئێستا وەزعی پێشمەرگەو هەرێمەکان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو کاتەدا چەندین قۆناغ بۆ پێشەوە چووین، ئەمە جگە لـەوەی کە حورمەت و نفوزی پێشمەرگە لە ناو خەڵکیدا زۆر زیادی کردووەو ئێستا خەڵکی بە چاوی خۆیان دەبینن کێ پێشمەرگەی راستەقینەی خەڵکەو کێ بە ناوی پێشمەرگەوە زوڵم لە خەڵك دەکات.

ئێستا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرانسەری پارێزگاکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانی چالاکی دەنوێنن، لە ناو ئەم هێزانەشدا نفـوزی دیـارو دەسـەڵاتـی ئاشکرای کۆمەڵەمانی تیایە. ئێستا کۆمەڵە خاوەنی دەیان فەرماندەو کادیری لێوەشاوەو پێشمەرگەی دلێرو ئازایە کە لە کۆڕی خەباتی پێشمەرگانەدا قاڵ بـوون و ئێستا نەواتی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی هێزێکی زۆر گەورەترمان هەیە لەوەی ئێستاو باوەڕو خۆشەویستی و حورمەتیان لە ناو خەڵکدا بەدەست هێناوە.

ئێستا لە ناو هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگەدا دەیان شانەو رێکخراو و کۆمیتەی کۆمەڵەمانی تیایە کە بە بەردەوامی خەریکی پەروەردەکردنی پێشمەرگەن بـە بـیـروبـاوەڕو رەوشـتـی شـۆڕشـگـێـڕانـە. جێگەی شانازییە بۆ ئێمە کەوا هەر لەو ناوچانەدا چالاکیی شۆڕشگێڕانە زۆرە کە کۆمەڵەمانی تێدا بەهێزە و هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیش هـەر لـەو شوێنانە بەکارو کاریگەرو چالاکن کە نفوزی کۆمەڵەی تێدا

بەهێزە. هێزی سیاسی و چەکدارەکانی تری دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانی هەر ناوێرن لەو شوێنانەدا هاتووچۆ بکەن و چالاکی بنوێنن کە هێزەکانی یەکێتیی تیایە، ئێمەش پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین هەر وەکو ئێمە بەشدارییەکی کاریگەرو زۆرمان کردوە لە پەلهاوێشتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم لاو بەولادا، لە هەمان کاتدا ئێمەش کەڵکێکی زۆرمان لە چەتری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەرگرتووە بۆ ئەوەی شانەو ڕێکخراوەکانی خۆمانی لە ژێردا دروست بکەین و گەشەی پێ بدەین.

لە ڕاستیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تا ئێستا وەکو ئەو گۆماوە گەورەیە وا بووە کە کۆمەڵە راوە ماسیی تێدا کردەوە بۆ دۆزینەوە و هەڵبژاردن و ڕاکێشان و ڕێکخستنی دەیان کەسی شۆڕشگێڕو چاك.

هاوڕێیانی بەڕێز!

ڕاستە ئێمە ئێستا هێزێکی پێشمەرگەمان نییە ناوی هێزی کۆمەڵە بێت و لەشکرێکی تایبەتیمان نییە بە ناوی خۆمانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هێزی ئێستای یەکێتیی نیشتیمانی، هێزی کۆمەڵەشە چونکە:

یەکەم: ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان تا ئەندازەیەکی باش لە خزمەتی ئەو ڕێبازە سیاسی و عەسکەری و فیکرییە دایە کە کۆمەڵە دەیەوێ.

دووەم: ژمارەیەکی سەرکردایەتییەکەی و کادیرە ناوەنجییەکانی ئەندامی گوێڕایەڵ و مولتەزیمی کۆمەڵەن.

بەم بۆنەیەوە پێویستە ئەوە چاك بزانین کە ئێمە هەوڵ دەدەین هێزی پێشمەرگە بۆ گەلی کوردستان دروست بکەین نەك حیزبێکی چەکدار، لەبەر ئەوە شتێکی سەیرو نائاسایی و نامارکسی نییە کە سەدان پێشمەرگە لەو هێزە کۆ ببنەوەو بە بێ ئەوەی ئەندام یان لایەنگری کۆمەڵە بن. ئێستا ئێمە ئیتر لە قۆناغی ئەوە دەرچووین کە هەر بایەخ بە چۆنایەتی بدەین، بەڵکو بۆ ڕاپەڕاندنی فەرمانە سیاسی و عەسکەرییەکان و بۆ ئەوەی تەرازووی هێزەکان بەلای ناحەزەکانماندا نەکەوێت، ئیتر لەمەولا دەبێ بایەخێکی زۆر بدەین بە چەندایەتی، واتە بە زیادکردنی ژمارەی هێزی پێشمەرگە. تا ئەو زەمانەی هێزی پێشمەرگە لە خزمەتی ڕێبازی سیاسی و عەسکەریی کۆمەڵەدا بێت و سەرکردایەتییەکەی لە دەستێکی ئەمیندا بێت، زیادبوونی ژمارەی هیچ مەترسییەکی ئەوتۆ دروست ناکات کە هێزەکەمان لە دەست دەربهێنێ، بەتایبەتی کە ئێستا خاوەنی چەندین کادیری پێشمەرگەیی لێوەشاوەین، بۆیە دەبێ لەمەولا لە جاران کراوەتر بین و ماوە بدەین بە سەدان و بگرە بە هەزاران کەسی تر کە بێنە ریزی هێزی پێشمەرگەوەو خەباتی چەکدار بکەن، بێ ئەوەی بهێڵین هەست بەوە بکەن کە بە هۆی «کۆمەڵە نەبوونەوە» حورمەت ناگیرێن، یاخود ئیشیان نادرێتێ، یان مەسئولییەتیان پێ ناسپێردرێت.

پێویستە هاوڕێکانی کۆمەڵە فێر بن سەدان کەسی غەیرە کۆمەڵە ساز بدەن و کۆیان بکەنەوەو بیانخەنە شەڕی نیشتمانی و چینایەتییەوە، دەبێ باوەش بکەنەوە بۆ ئەو پەرۆشی و ئامادەییەی کە ئێستا خەڵکی دەری دەبڕن، دەبێ لەشکر بۆ کۆمەڵانی خەڵك و بە کۆمەڵانی خەڵك دروست بکەین، ئەگەر کۆمەڵە توانای لە باوەش گرتن و ئیستیعاب کردنی پەرۆشی و ئامادەیی کۆمەڵانی خەڵکی نەبێت، لەوانەیە لاکانی تر بیقۆزنەوە و ئەو خەڵکەی کە نەتوانێ ببێتە هێزی یارمەتیدەری کۆمەڵە، ببێتە هێزی ڕێگرو بەرهەڵستیکەری کۆمەڵەو لاکانی تر بەکاری بهێنن دژی کۆمەڵە.

داگیرکردنی مەیدانی پێشمەرگایەتی هەر بە لولەی تفەنگ و هێزی چەك نابێ بەڵکو بە پیشاندانی ڕێبازی سیاسی و عەسکەریی ڕاست و

توانای لەباوەشگرتنی جولانەوەی خەڵك و توانای سازدان و ڕێك خستن و بەگەڕ خستنیان دەبێت، بەوە دەبێت کە کۆمەڵە تا چ ئەندازەیەك توانای ڕاکێشانی سەرنج و بەدەست هێنانی باوەڕو متمانەی ئەوانەی هەیە.

لە ماوەی پێنج ساڵ خەباتی چەکداردا، کۆمەڵە تەجروبەیەکی زۆرو زەبەندی پێشمەرگانە فێر بووە، پێشمەرگە قارەمانەکانی دەیان شەڕی گەورە و سەدان شەڕی بچوکیان کردووە، سەرکەوتنی گەورە گەورەیان بەدەست هێناوە، سەدان ئەندامی کۆمەڵە لە نەبەردی قارەمانانەی بێ وێنەدا شەهید بوون و بە خوێنی خۆیان داستانی سەروەرییان نووسیوەتەوە، پێشمەرگە قارەمانەکانی کۆمەڵە، نەك هەر بەکردەوە سەلماندویانە کە پێشمەرگەی سەرانسەری کوردستانی عیراقن، بەڵکو سەلماندویانە کە پێشمەرگەی سەرانسەری کوردستانن و دەتوانن لە هەموو جێگەیەکی پێویستدا لەگەڵ دوژمن بجەنگن، هەر بۆیە لە هەر کوێیەك پێویست بێ بوبن، بێ دوودڵی و سڵەمینەوە چوون و فەرمانەکانی خۆیان جێبەجێ کردووە.

دوژمن حیسابێکی گەورە بۆ چۆنایەتیی هێزەکانمان دەکات، ناهەقیشی نییە بیکات، چونکە وا تازەو لە دوای شەڕی عیراق و ئێران دەردەکەوێ کە توانای بەشەری و ئابووری و جەنگیی حکومەتی عیراق چەند بووەو چۆن پێشمەرگە قارەمانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە ڕیزی پێشەوەیان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، بە تواناو ئیمکاناتێکی یەکجار کەمەوە بەرەنگاری دوژمنێکی وا بەهێزو دڕ بوون.

حیسابی پێنج ساڵەی خەباتی چەکدارمان بەگشتی باشەو سەرکەوتووانەیە، هەرچەندە زەرەری گیانیی زۆرمان لێ کەوتووە و زۆر هاوڕێی دلێرو قارەمانمان شەهید بوون، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەشدا ئێمەش زەرەری زۆرمان لە دوژمن داوەو لەوانەش هەمووی گرنگتر ئەوەیە هێزی پێشمەرگە بووە بەو تروسکەیەی کە کۆمەڵانی خەڵك بە ئومێدێکی زۆرەوە بۆی دەڕوانن و خەباتی چەکدار بۆتە پشتیوانێکی پتەوی خەباتی سیاسی و بەو هۆیەوە هەزاران کەس لە دەوری ئاڵاکەی ئاڵاون.


بێگومان خەباتی چەکدار لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزی وەکو کوردستانی عیراقدا، کە جگە لە هێزەکانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چەند جۆرە هێزی چەکداری تر پەیدا بوون، ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە هێشتا باڵادەستی بە لای دوژمنەوەیە و لە هەلومەرجێکدا کە هێشتا هەر لەسەر پێی خۆمان و بە تواناو ئیمکانیاتی خۆمان ماوین و دەژین. بێگومان ئەمەش دور نابێت لە گیروگرفت و کەموکوڕی و هەڵەو ناتەواوی. لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە تەئکید بکرێتەوە کەوا ئەگەرچی کۆمەڵە لە زۆربەی نەبەردەکان و ململانێی سیاسی و عەسکەریدا لەگەڵ ڕێبازی چەوتی ناو یەکێتی و لەگەڵ ڕێبازی لاکانی تری دەرەوەی یەکێتیدا سەرکەوتوانە هاتۆتە دەرەوە، بەڵام هێشتا سەرکەوتنی یەکجاریی بەدەست نەهێناوەو ئەوانەی تری بە تەواوی نەبەزاندووەو لە مەیدان دەری نەکردوون. هێشتا موستەلزەماتی گۆڕانی ستراتیجیی جەنگەکەو تاکتیکەکانی و شوێنەکانی بە تەواوی ئامادە نەبوون.

هێشتا ستراتیجی شەڕەکەمان، هەر شەڕی درێژ خایەنی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرییە بۆ پساندنی دوژمن لە ڕووی عەسکەری و ئابووری و سیاسییەوە. هێشتا شێوەی شەڕەکەمان، هەر شەڕی پارتیزانییە و دەبێ پەیڕەوی سەرەتاو تاکتیکەکانی جەنگی پارتیزانی بکەین. هێشتا شوێنی سەرەکیی شەڕو چالاکیمان، هەر شاخ و دێهاتەکانی کوردستانە. بەڵام لە ڕاستیدا دەتوانرێت بە هەمان تواناو ئیمکانیاتی بەشەری و ماددی کە ئێستا هەیە، ئەگەر باشتر ڕێك بخرێ و

بەگەڕ بخرێ، بە هەنگاوی گرنگ جوڵانەوەکە بۆ پێشەوە ببرێ و سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنرێ، بۆیە دەبێ یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی بیری لێ بکرێتەوە، مەسەلەی گەشەپێدانی شێوەکانی خەبات بێت، لەوانە خەباتی چەکدار و گرێدانی بە شێوەکانی ترەوە.

١٩٨١/٥/١٥

## کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (ڕێکخراوی فریاگوزار)




کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان کە کورتکراوەکەی کرا (KRA)یەو لە پیتە بەراییەکانی ناوە ئینگلیزییەکەی Kurdistan Relief Association وەرگیراوە، ڕێکخراوێکی فریاگوزارە، ساڵی ١٩٨٦ یوسف محەمەد عەزیز ناسراو بە دکتۆر شوان دایمەزراندووە.

هەلومەرجی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە زۆرتر پەیوەندیی بە هەلومەرجی پەرەسەندنی جەنگی کیمیایی و وێران کردنی گوندەکان و مەینەتییەکانی جەنگی عیراق- ئێرانەوە هەیە. ڕێکخراوەکە لەسەر داوای دکتۆر کەمال فوئاد دامەزراوە کە لە ئەڵمانیاوە لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ دام و دەزگاکانی ناو وڵات پێشنیاری کردبوو ڕێکخراوێکی فریاگوزاری هاوشێوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی جیهان لە ناو وڵات بۆ فریاکەوتنی لێقەوماوانی جەنگ و ئاوارەکانو بریندارەکان پێك بهێنرێ.

بەم پێیە، یوسف محەمەد عەزیز وەك داینەمۆی دامەزراندنی ڕێکخراوە پێشنیارکراوەکە، بە هاوکاریی چەند هاوڕێیەکی، دابین کردنی پێداویستییەکانی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی گرتە ئەستۆ. دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە لە ٢٠ ئەندام پێکهاتبوو کە بەسەر ١٧ کادیری پزیشکیو ٣ کادیری ڕێکخراوەییدا دابەش ببوون. پرۆگرامێك بۆ ڕێکخستنی شێوەی بەڕێوەچون و دیاری کردنی سێکتەرە مرۆیی و فریاگوزارییەکانی ڕێکخراوەکە بە زمانی کوردیو ئینگلیزی ئامادە کرا و دواتر دامەزراندنی ڕێکخراوەکە ڕاگەیەنرا. لە دەرەوەی وڵات، دکتۆر کەمال فوئاد و کادیرە نیشتەجێبووەکانی ئەوروپا ڕۆڵێکی کارایان لە دروست کردنی رایەڵەی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوە تازە دامەزراوەکەو ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ئەوروپادا گێڕا. لە ئاکامی ئەم چالاکییانەدا ڕێکخراوە ناحکومییە کاراکانی ئەوروپا، پاش ئەوەی لە بارودۆخی مرۆڤانەی کوردستان ئاگادار کرانەوە، دەستیان بە ناردنی تیمەکانیان کرد بۆ کوردستان. لەم سەروبەندەدا ئەو ڕێکخراوانە لە ناوخۆی وڵاتدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کرادا دامەزراندو

سەردانی ئۆردوگاکانی ئاوارەکانی کوردی عیراقیان کرد لە ئێران. ئەم سەردانانە یارمەتیدەر بوون بۆ گەلاڵەکردنی تێڕوانینێکی رونو رۆشن سەبارەت بە مەسەلەی کوردو مەینەتیی ئاوارەکان و پێویستیی دابین کردنی بڕێکی پێویستی کۆمەك و باربوو بۆ لێقەوماوەکان.

لەو قۆناغەدا لە ڕێگای رێکخراوی کراوە بڕێکی گونجاوی کۆمەك، باربوو، داوو دەرمان، ئامرازی پزیشکی و ماسکی کیمیایی گەیشتە کوردستان. ژمارەیەکی زۆری رێکخراوە ناحکومییە فریاگوزارییە جیهانییەکان بەپیر هەوڵ و کۆششی کراوە هاتنو کۆمەکیان نارد. ئەمە خۆی لە خۆیدا کەشێکی باشی بۆ ئەوە پێك هێنا کە رێکخراوەکە پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ چەندەها رێکخراوی ناحکومیی فریاگوزاردا دروست بکا لە سەرانسەری جیهان لەوانە، بەتایبەتی، رێکخراوەکانی میدکۆ ئینتەرناسیۆنالی ئەڵمانی، خاچی سوری سویدی، خاچی سوری نەرویژی، خاچی سوری ئەڵمانی.

لە سەرەتادا رێکخراوەکان زۆرتر هاوکاریی پزیشکییان پێشکەش دەکرد، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا هاوکارییەکان پەرەیان پێ درا و زۆر کەرەستەی تریان گرتەوە کە بۆ ژیانی ئاوارەکان بایەخێکی تایبەتیان هەبوو وەك خۆراك و پۆشاك.

چالاکییە فریاگوزارییەکانی رێکخراوی کرا کەلێنێکی گەورەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کوردیان پڕ کردەوە، چونکە تا ئەو کاتە دەوڵەتان نەیاندەویست پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ کورددا دروست بکەن، بەتایبەتی کە تا ئەو کاتە تیۆریی «پیرۆزیی سنور» هێزو پتەویی خۆی لەدەست نەدابوو. لەم رووەوە دەرفەتێکی زۆر لە ئارا دایە کە هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی بۆ چالاکییەکانی رێکخراوەکە لەو هەلومەرجەدا بکرێ، ئەویش لەو گۆشە نیگایەوە کە ڕێکخراوەکە وەك تاکە رێکخراوی ناحکومیی فریاگوزاری لە دەروازەی مرۆڤایەتییەوە رۆڵێکی کارای لە ناساندنی کەیس و نەهامەتیی کوردو پەرەپێدانی کاری دپلوماتیکیدا گێڕاوە، بەتایبەتی کە هەندێ لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، بەیارمەتیو هاندانی رێکخراوی میدکۆ ئینتەرناسیۆنالی ئەڵمانی، ئەو هەلەیان بۆ رەخسێنرا کە کۆنفرەنس لە دەرەوەی وڵات بۆ رونکردنەوەی رەوشی کوردستان و ژیانی ئاوارەکان ببەستن.

تا ساڵی **١٩٨٩** رێکخراوی کرا وەك رێکخراوێکی فریاگوزاریی سەر بەیەکێتیی نیشتمانیی کورستان کاری کردووە. لەساڵی **١٩٨٩**دا لەسەر داوای تاڵەبانی، رێکخراوەکە بە جۆرێك رێك خرایەوە کە ببێتە رێکخراوێکی ژێر چاودێریی بەرەی کوردستانی و لەم سۆنگەیەوە بڕیار درا هەر حزبێکی ئەندامی بەرە نوێنەری لە دەستەی بەڕێوەبردنی رێکخراوەکەدا هەبێ، بەڵام سەرۆکایەتیی رێکخراوەکە هەر بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێڵدرایەوە. لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانگارییەی کە بەسەر رێکخراوەکەدا هات، یوسف محەمەد عەزیز دەستبەرداری پۆستەکەی بوو وەك لێپرسراوی رێکخراوەکەو دکتۆر ئەدیب محەمەد عەلی ناسراو بە دکتۆر هەڵۆ جێی گرتەوە. هەر ئەو ساڵە عەبدولکەریم حاجی کرایە لێپرسراوی رێکخراوەکەو تا دوای راپەڕین رێکخراوەکەی بەڕێوە برد، بەڵام پاش ئەوەی لە ساڵی **١٩٩٢**دا بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا، شالاو عەلی عەسکەری جێی گرتەوە. ساڵی **١٩٩٤** عەبدولکەریم حاجی وازی لە ئەندامێتیی پەرلەمان هێنا و بووە پارێزگاری کەرکوك لە دەربەندیخان. لەم سەروبەندەدا شالاو عەلی عەسکەری بووە ئەندامی پەرلەمان و وازی لە لێپرسراوەتیی رێکخراوەکە هێنا. بۆیە ئەحمەد کاکە حەمە مستەفا ناسراو بە هۆشمەند جێی گرتەوەو بووە

پێنجەمو دواییین لێپرسراوی ڕێکخراوەکە.

ڕێکخراوەکە تا ساڵی ۱۹۹٦ لەسەر ئەرکەکانی خۆی بــەردەوام بــوو. لـە مــاوەی ساڵانـی ۱۹۸٦-۱۹۹۱ دا ڕێکخراوەکە چالاکییە فریاگوزارییەکانی بۆ لێقەوماوانی ناوچەکانی شەڕی سەر سنورو ئاوارە کوردە عیراقییەکانی نیشتەجێی ئێران تەرخان کردبوو. بەڵام لە ساڵی ۱۹۹۱دا سەنتەری چالاکییەکانی بۆ کوردستانی باشور گواستەوەو خزمەتگوزارییەکی زۆری پێشکەش بە چینە دەستکورت و هەژارەکان کرد کە بە هۆی سزا نێودەوڵەتییە سەپێنراوەکانی سەر عیراقەوە ژیانێکی نالەباریان بەسەر دەبرد. لە هەردوو قۆناغدا ڕێکخراوەکە ئەرکەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی ئەنجام داوەو خزمەتگوزارییەکی گاریگەری پێشکەش کردووە.

### پاشکۆ ژمارە١

### ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (کرا) (١٩٨٦)

١- یوسف محەمەد عەزیز (شوان).
٢-هۆشمەند عەبدولکەریم (شالاو).
٣-ئەدیب محەمەد عەلی (هەڵۆ).
٤-هێمن ئەحمەد حەمە ساڵح.
٥-فەرەج یاوەر سادق (سەردار).
٦-خالید محەمەد ڕەشید.
٧-ئاکۆ سەعید محەمەد.
٨-حسێن حەمە ساڵح حوسامەددین.
٩-حەسەن عەلی سەعید.
١٠-جەلال جەوهەر عەزیز.
١١-محەمەد سوڵتان.
١٢-نەوزاد نوری محەمەد.
١٣-مەنسور یوسف مستەفا.
١٤-بەیان حسێن عەلی.
١٥-دانا نوری محەمەد.
١٦-شێرکۆ حەسەن عەبدولڕەحمان.
١٧-بۆتان عوسمان ئەسعەد.
١٨-ئارام ڕۆستەم عەبدوڵڵا.
١٩-موحسین لەتیف کەریم.
٢٠-جەمال سەرگەڵوویی.

### پاشکۆی ژمارە ٢

### بەرپرسەکانی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (کرا) (١٩٨٦-١٩٩٦)

١-یوسف محەمەد عەزیز (١٩٨٦-١٩٨٩).
٢-ئەدیب محەمەد عەلی (هەڵۆ) (١٩٨٩).
٣-عەبدولکەریم حاجی (١٩٨٩-١٩٩٢).
٤-شالاو عەلی عەسکەری (١٩٩٢-١٩٩٤).
٥-ئەحمەد کاکە حەمە مستەفا (١٩٩٤-١٩٩٦).

## کۆمەڵی مەدەنی (پرنسیپ)

یەکێ لە پرنسیپە سەرەکییەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. ئەم پرنسیپە بە بەراورد لەگەڵ پرنسیپەکانی تردا بە ڕێژە تازەیە، هەرچەند لەئەدەبیاتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەتایبەتی لە دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی یەکەم، بە ناوەڕۆك و بەپچڕ پچڕی ئاماژە پێ دراوە بەڵام بە بەراورد لەگەڵ پرنسیپەکانی تردا درەنگتر لە ناو ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیدا دەرکەوتووە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی دامەزراندندا زۆر بایەخی بەم چەمکە نەداوە چونکە لەو سەردەمەدا چەمکەکە هێشتا لە ناوچەکەدا برەوی نەسەندبوو و روخسارو ماناکانی هێشتا رونو ئاشکرا نەبون، سەرباری ئەوەی کەخەمی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانی لەو قۆناغەدا سەرخستنی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بووە نەك هەر شتێکی تر. لە قۆناغەکانی تریش فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی شۆڕش دەرفەتێکی زۆری بۆ بیرکردنەوە لەم چەمکەو واتاکانی نەرەخساندووە.

چەمکی کۆمەڵی مەدەنی دەچێتەوە سەر پەرەسەندنی بیری فەلسەفی لەسەدەی حەڤدەهەمو هەژدەهەم. ناوەڕۆکی چەمکەکە زۆرتر بە پەرەسەندنی پیشەسازیو تەکنەلۆژیو کەلتوریی هەردوو سەدەی حەڤدەهەمو هەژدەهەمەوە بەستراوەتەوە کە لە بەرەنجامدا دوا بەدوای هەرەس هێنانی فەرمانڕەوایی رەهای کەنیسەو داخورانی دەسەڵاتی پاپای ڤاتیکان، پەرەسەندنەکە تیۆریی کلاسیکیی لیبرالیزمی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە. دواتر، سکولاریزم بناغەیەکی تۆکمەی بۆ پەیدابون و پەرەسەندنی کۆمەڵی مەدەنی پێك هێنا. لەفەلسەفەی مۆدێرنی رۆژئاوادا بابەتی کۆمەڵی مەدەنیو پەیوەندیی بەدەوڵەتەوە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بەگوڕو تینێکی شایستەوە سەری دەرهێناو ئەم گوڕو تینە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم درێژەی کێشا. دواتر بابەتەکە وردە وردە پوکایەوەو بۆ ماوەی نزیکەی یەك سەدە گوم بوو. لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بابەتەکە سەری هەڵدایەوەو پێگەیەکی دیاری لەگفتوگۆی سیاسیدا پەیدا کرد، بەتایبەتی کە بابەتەکە رۆڵێکی بەرچاوی لە بونیادی دەوڵەتو کۆمەڵگادا بە واتا مۆدێرنەکەی هەبوەو نەخشێکی گرنگیشی لە رێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگادا لەسەر بنەمایەکی شارستانیترو پێشکەوتوتر هەبوە.

پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی دووەم ناوی کۆمەڵی مەدەنیی هێناوەو «دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی»ی کردۆتە شەشەم ئامانجی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم دوو جار بە رونی ناوی کۆمەڵی مەدەنیی هێناوە، جارێك لە پێناسەی یەکێتیی نیشتمانیدا کە تێیدا «بنیاتنانی کۆمەڵی مەدەنیی پێشکەوتوی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای دنیادا» یەکێکە لە ئامانجەکانی خەبات و جارێکی تر وەك ئامانجێکی گشتی لە پاڵ ئامانجەکانی ئاشتیو دیموکراسیو ئازادیو لێبوردەییو چەسپاندنی بنەماکانی ئابوریی بازاڕو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو خۆشگوزەرانیو سەروەریی یاساو مافی هاووڵاتیبون. ئەمە بەم واتایە دێ کە کۆنگرەی سێیەم هەنگاوی گەورەتری لەم رووەوە بۆ پێشەوە ناوە.

چەمکی کۆمەڵگای سیاسی چەردەیەك پرنسیپی لە ناواخندا لەخۆ گرتووە لەوانە ئازادیو یەکسانی کە بە هیچ شێوەیەك لە دورنما سیاسییە دیموکراتییەکە دانەبڕاون چونکە دیموکراسی بە مەرجی بنەڕەتیی بەرجەستەبونی ئازادیو یەکسانی دادەنرێ. لەم چوارچێوەیەدا یەکسانیو سەروەریی یاسا وەك روخسارێکی گەشی پرۆسەی دیموکراتی دەردەکەونو بەستنەوەی ئازادی بە دیموکراسییەوە وەك سیستمێکی سیاسی، لێی رادەبینرێ کە بتوانێ پەیوەندییەکی سەقامگیرتر لە نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگادا بێنێتە دی.

لە لایەکی ترەوە چەمکی ئازادی لێرەدا بایەخی ئازادیی تاك دەردەخاو لە چەمکی ئازادیی تاکەوە مەیلی تاکگەرایی سەر هەڵدەدا کە تێیدا مرۆڤ بە شێوەیەکی ئازاد چارەنوسی خۆی دیاری دەکا. لەگەڵ بڵاوبونەوەی بەها لیبرالییەکانی وەك ئازادیی بیرو بیروڕا دەربڕینو لێبوردەیی، بیروباوەڕی

تاکگەرایی پێگەیەکی بە هێزی لە ناو فەلسەفە سیاسییەکاندا پەیدا کرد. ئازادیی ئابوریی تاك، بوە مایەی پەیدابونی تاکێکی بەهێز لە بەردەم دەوڵەتداو ئەمەش لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشت کە کۆمەڵگا گەیشتە ئەو رادەیەی کە تێیدا بتوانێ لە دەرەوەی ویستو دەسەڵاتی دەوڵەتدا خۆی خۆی بەرهەم بێنێتەوەو لە بەرەنجامی کۆتاییدا ئەم پرۆسەیە بە سەقامگیرکردنی دیموکراسیی سیاسی کۆتایی هات.

کۆمەڵی مەدەنی گردبونەوەیەکی مرۆییە کە تێیدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای یەکسانیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی رێك خراون و کۆمەڵگا بە چەشنێك خۆی رێکخستوە کە ئازادی یەکێ لە بنەما سەرەکییەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی پێکدێنێو هەروەها دەرفەتێکی زۆری بۆ دەستپێشخەریی تاك و دەرکەوتنی بەهرەی داهێنەرانەی رەخساندووە. کۆمەڵی مەدەنی بەرامبەر بە دەوڵەت دەسەڵاتێکی کەلتوریو ئەخلاقیو تەنانەت ئابوریی سەربەخۆو سیستماتیکی هەیە، پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ماددی بنیات نراون و سەرچاوەی رەوایەکەی ناچێتەوە سەر هیچ بنەوانانێکی لاهوتی یان دەقێکی میتافیزیکی و لە ناواخنیدا سیستمێك لەئارا دایە لەسەر بنەمای پەیوەندیی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو پەیوەستی شارستانیو لێبوردەیی دامەزراوە.

## کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکاری

کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان حزبە کوردستانییە پێشکەوتنخوازەکان. لە قۆناغی بەرایدا کۆمیتەکە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا، کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی دکتۆر مەحمود عوسمان)، پارتی دیموکراتی کوردی سوریا و پارتی دیموکراتی چەپی کوردی سوریا دامەزراوەو ئامانجەکەی بەدی هێنانی هەماهەنگی و هاوکاری بوو لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و دانانی ستراتیجێکی یەکگرتوو بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد. دواتر پێکهاتەکەی گۆڕانی بەسەردا هات و لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریاو پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا وەك ئەندام و هەردوو حزبە کۆمۆنیستەکەی عیراق و سوریا وەك چاودێر، پێك هات.

بیرۆکەی دروست کردنی چەترێك بۆ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك شەش لایەنی سیاسی لە بەیروتی پایتەختی لوبنان کۆ بونەوەو کەوتنە تاوتوێ کردنی رێوشوێنەکانی هێنانە دیی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و کاراکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان. لەم سەروبەندەدا لە رۆژانی ٢ و ٣ی کانونی یەکەمی ١٩٧٧ نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا، کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی دکتۆر مەحمود عوسمان)، پارتی دیموکراتی کوردی سوریا، پارتی دیموکراتی چەپی کوردی سوریا لە بەیروت کۆ بونەوە. لە ئەجیندای کۆبونەوەکەدا بوو رێکخراوی هەڤرا و پارتی شۆڕشی میللیی کوردستان کە دوو لایەنی سیاسیی کوردی تورکیان، بەشداری لە کۆبونەوەکەدا بکەن بەڵام هەردوکیان هەلومەرجی لەباریان بۆ بەشداری کردن بۆ نەڕەخسا بوو.

پاش دوو رۆژ وتوویژو لێکۆڵینەوە، لایەنە سیاسییەکان

لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە کۆبونەوەکە و بڕیارەکانی بە نهێنی بمێننەوەو توێژینەوەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی بزوتنەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستان بە گشتی و لە کوردستانی عیراق بە تایبەتی و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی نێودەوڵەتی و ناوچەکە پێشکەش بە کۆبونەوەی داهاتوو بکرێ. هەروەك بڕیار درا کۆمیتەیەك لە نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا بۆ بەدواداچون و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆبونەوەکە پێك بهێنرێ. هەروەها بڕیار درا پەیوەندی بە ڕێکخراوی هەڤرا و پارتی شۆڕشی میللیی کوردستانەوە بکرێ و لە بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆبونەوەکە ئاگادار بکرێنەوە.

کۆبونەوەکە ئەم ڕاسپاردانەی دەرکرد:

یەکەم: پەسندکردنی پەیپەرەکەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ستراتیجی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

دووەم: پێکهێنانی کۆمیتەیەك بە ناوی کۆمیتەی خەباتی نیشتمانیی کوردستان بۆ هەماهەنگی لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا.

سێیەم: بۆ هەر پرسێکی گرنگ سەبارەت بە ئایندەو چارەنوسی شۆڕشی کوردستانی عیراق، کۆبونەوەکە پێی باش بوو پێش بڕیاردان پرس بە لایەنە کوردستانییەکان بکرێ. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کۆبونەوەکە بە بایەخێکی زۆرەوە دەیڕوانییە ڕەوشی کوردستانی عیراق پاش هەرەسی ساڵی ١٩٧٥.

ئامادەبووانی کۆبونەوەکە کە نوێنەرایەتیی حزبەکانی خۆیان کردووەو کۆنوسی کۆبونەوەکەیان واژۆ کردووە ئەمانەن: عومەر مستەفا لە بری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەمیر قازی لە بری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، شەمسەددین موفتی لە بری کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، عەبدولحەمید دەروێش لە بری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا، عەبدولباقی مەلا مەحمود لە بری پارتی دیموکراتی کوردی سوریاو عیسمەت فەتحوڵڵا لە بری پارتی دیموکراتی چەپی کوردی سوریا.

بڕیار بوو کۆبونەوەی دووەم لە کوردستانی عیراق ببەسترێ بەڵام بارودۆخێکی گونجاو بۆ بەستنی کۆبونەوەکە لەوێ فەراهەم نەبوو، بۆیە بڕیار درا کۆبونەوەکە بۆ پاریس بگوێزرێتەوە. لە نیسانی ١٩٧٨ دا عەبدولحەمید دەروێش بە نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو بە نوێنەرایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عومەر مستەفا بە نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شەمسەددین موفتی بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاریس کۆ بونەوە. کۆبونەوەکە پێشهاتە تازەکانی تاوتوێ کرد، بەتایبەتی پەرەسەندنی شەپۆلی نارەزایی لە دژی ڕژێمی شاو پێشبینی کردنی گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێران.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ چەند دیدارێك لە دیمەشق لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوی هەردوو کۆبونەوەکەی ساڵی ١٩٧٧ی بەیروت و ساڵی ١٩٧٨ی پاریس و لە نێوان هەردوو پارتی کۆمۆنیستی عیراق و سوریا ساز کرا و تێیدا هەردوو پارتی کومۆنیست ئامادەیی بەشداربونیان لە هەر کۆبونەوەیەك بۆ تۆکمەکردنی ڕیزەکانی کوردایەتی دەربڕی. لە پەراوێزی دیدارەکاندا تاڵەبانی پێشنیاری کرد کۆمیتەیەك بە ناوی «کۆمیتەی ئامادەکاری هاوکاری» لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی

سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا و پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا پێك بهێنرێ. لەو کاتەدا لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان یەکی گرتبۆوەو پێکەوە حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان پێك هێنا بوو.

لە کۆبونەوەکانیاندا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا پێشنیارەکەی تاڵەبانییان پەسند کردو بڕیاریاندا کار بۆ بەستنی کۆنگرەیەك یان کۆبونەوەیەکی فراوانی کوردستانی بکرێ و لەم روەوە بە پێویستیان زانی رەزامەندیی هەر یەك لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا وەرگرن. هەروەها هەردولا لارییان لەوە نەبوو کە هەردوو پارتی کۆمۆنیستی عیراق و سوریا ئەندامی کۆمیتەکە بن.

لە ئەیلولی ١٩٨٠ دا عەبدولحەمید دەروێش بۆ تاوتوێ کردنی پێشنیاری پێکهێنانی کۆمیتەی ئامادەکاری هاوکاری و بەستنی کۆنگرەی کوردستانی، بڕیاریدا روو بکاتە بارەگاکانی سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێشنیارەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ سکرتێری حزب تاوتوێ بکات. بەمجۆرە، سەردانی تارانی کردو لەوێوە خۆی گەیاندە سەر سنوری عیراق- ئێران کە بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی کۆمۆنیستی عیراقی لێ بوو. لە گوندی توژەڵە لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق کۆ بۆوەو رەزامەندیی هەردولای لەسەر پێشنیارەکان بەدەست هێناو دواتر لە گوندی میراوا لەگەڵ نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران حەسەن رستکارو دواتر لە واوان لەگەڵ سکرتێری حزب عەبدولڕەحمان قاسملو کۆبۆوە. قاسملو رەزامەندیی لەسەر پێشنیارەکان نیشاندا. بەڵام پێشنیاری کرد هەردوو پارتی کۆمۆنیستی عیراق و سوریا وەك چاودێر نەك وەك ئەندام بەشداری لە کۆمیتەکەدا بکەن.

سەردانەکەی دەروێش هاوکات بوو لەگەڵ هەڵایسانی شەڕی عیراق- ئێران، لەبەر ئەوە نەیتوانی بە فڕۆکە لە تارانەوە بگەڕێتەوە بۆ سوریا، بۆیە بە پاس چوو بۆ شاری کویتا لە پاکستان و لەوێوە بە فڕۆکە چوو بۆ کەراچی و لەوێوە گەڕایەوە بۆ دیمەشق.

پاش گەڕانەوەی بۆ سوریا، زەمینەسازی بۆ کۆبونەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری هاوکاری کرا و عەبدولحەمید دەروێش بە پێشنیاری پارتی کۆمۆنیستی عیراق کرایە سکرتێری کۆمیتەی ئامادەکار.

لە ماوەی نێوان ١٩-٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠دا نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا. پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیاو هەردوو پارتی کۆمۆنیستی عیراق و سوریا، بە بێ نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە دیمەشق کۆ بونەوەو کەوتنە تاوتوێ کردنی رەوشی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بارودۆخی ناوچەکە. لە کۆبونەوەکەدا پێشنیار کرا پارتی کۆمۆنیستی تورکیا و حزبی تودەی ئێران وەك چاودێر بەشداری لە کۆبونەوەکاندا بکەن. پێشنیارەکە پەسند کرا و سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق عەزیز محەمەد راسپێردرا لەم بارەیەوە پەیوەندی بە هەردوو حزبەوە بکاو بۆ کۆبونەوەی داهاتوو بانگهێشتیان بکات. دواتر عەزیز محەمەد پێشنیاری کرد تا بەستنی کۆنگرە عەبدولحەمید دەوریش ببێ بە سکرتێری کۆمیتەی

ئامادەکار. هەر یەك لە تاڵەبانی و کەمال بورقای، سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، ڕەزامەندییان لەسەر پێشنیارەکە نیشاندا.

کۆبونەوەکە چەند بڕیارێکی دەرکردو جەختی کردە سەر «پشتگیری کردنی جوڵانەوەی نیشتمانیی کوردو بەهێزکردنی خەبات لە هەموو بەشێکی کوردستاندا»و بانگەشە بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی « لەگەڵ هێزو حزبە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە» و پێکهێنانی «بەرەی نیشتمانی لە هەر پارچەیەکی کوردستان لە نێوان هێزە نیشتمانییەکانی کورددا».

پاش کۆبونەوەکەی دیمەشق و پێکهێنانی کۆمیتەی ئامادەکار، پەیوەندی بە زۆرترین ژمارەی حزبەکانەوە کرا، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دیمەشق ئۆفیسی پەیوەندییان هەبوو و لە ئامانجەکانی کۆنگرە کوردستانییەکە ئاگادار کرانەوە. بەڵام هەندێ لە حزبەکان هەڵوێستی نەرێنییان پیشانداو تەنانەت هەندێکیان دژی بەستنی کۆنگرەکە وەستانەوەو هەوڵی پەکخستنی کارەکانیان دا. لەو لاشەوە پارتی کۆمۆنیستی تورکیاو حزبی تودەی ئێران ڕەتیان کردەوە ببنە ئەندام لە کۆمیتەی ئامادەکار.

لە هاوینی ١٩٨١دا تاڵەبانی لە بری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عەزیز محەمەد و کەریم ئەحمەد لە بری پارتی کۆمۆنیستی عیراق، کەمال بورقای لە بری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، عەبدولحەمید دەروێش و ڕەشید حەمۆ لە بری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریاو خالید بەکداش و ڕەمۆ شێخۆ فەرحە لە بری پارتی کۆمۆنیستی سوریا، لە ماڵی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی سوریا خالید بەکداش کۆ بونەوەو مەسەلەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیست و حزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان تاوتوێ کرد.

هەرچەند بڕیار بوو کۆبونەوەی داهاتوو لە کوردستان ببەسترێ، بەڵام هەلومەرجی لەبار بۆ ئەم مەبەستە نەڕەخسا. لەم سەروبەندەدا حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشنیاری کرد کۆبونەوەی کۆمیتەی ئامادەکار لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا ببەسترێ. کۆبونەوەی خوازراو لە کاتی دیاریکراودا لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەستراو نوێنەرانی هەر چوار لایەنە سیاسییەکەو پارتی کۆمۆنیستی سوریا بەشدارییان تێدا کرد. کۆبونەوەکە لە ماوەی ٢-٥ی ئازاری ١٩٨٢ بەستراو لە کۆتاییدا هەر یەك لە دکتۆر کەمال فوئاد لە بری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عەزیز ماملێ لە بری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کەمال بورقای لە بری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، عەبدولحەمید دەروێش لە بری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریاو ڕەمۆ شێخۆ فەرحە وەك چاودێر لە بری هەردوو پارتی کۆمۆنیستی سوریاو عیراق دیکۆمێنتی کۆبونەوەکەیان واژۆ کرد.

لە کۆبونەوەکەدا بڕیار درا ناوی کۆمیتەی ئامادەکار بگۆڕدرێ و بکرێتە کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان حزبە کوردستانییە پێشکەوتنخوازەکان، هەروەك بڕیاریش درا کۆمیتەکانی ڕاگەیاندن، پەیوەندییەکان و دارایی پێك بهێنرێن. دیکۆمێنتی واژۆکراو جەختی کردە سەر پرنسیپی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کوردو بانگەشەی بۆ پێکەوەنانی بەرەیەکی کوردستانی کرد. هەروەها بڕیار درا کۆبونەوەی داهاتوی کۆمیتەی ئامادەکار لە یەکێ لە وڵاتە سۆسیالیستەکان یان لە شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا ببەسترێ.

کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکاری لە ماوەی ٥-٦ی حوزەیرانی ١٩٨٢دا، لە دیمەشق، بە ئامادەبونی نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،

پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا، پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیاو نوێنەرە چاودێرەکانی هەردوو پارتی کۆمۆنیستی عیراق و سوریا کۆبۆوە، بەڵام نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەیانتوانی بەشداری لە کۆبونەوەکەدا بکەن، چونکە حکومەتی سوریا کە هاوپەیمانی ئێران بوو لە جەنگی عیراق- ئێراندا، لێنەدەگەڕا نەیارانی ئێران بچن بۆ سوریا.

لە کۆبونەوەکەدا بڕیار درا کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکاری بە تەواوی ئەندامەکانییەوە، لەسەر ئاستی سەرۆکی حزبەکان یاخود لانی کەم لەسەر ئاستی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٨٢دا لە کوردستان کۆ ببێتەوەو ئەگەر دەرفەتی کۆبونەوە لە ناو وڵات نەرەخسا، شوێنێکی دیکە هەڵببژێردرێ. هەروەها داوا لە دکتۆر فوئاد مەعسوم لە بری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دکتۆر جەوهەر شاوەیس لە بری پارتی کۆمۆنیستی عیراق کرا راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی کوردستانی بنوسن.

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی لەم بوارەدا هاتە دی، کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکاری لە ساڵی ١٩٨٣ پەکی کەوت چونکە پەیوەندیی نێوان دوو لایەنی بنچینەیی کۆمیتەکە، واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق، دوبەرەکییەکی دژواری تێکەوت و ئاڵۆزیی بە خۆیەوە بینی، بەتایبەتی پاش بەشداریی هێزەکانی پارتی کومۆنیستی عیراق، شان بە شانی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك، لە هێرش کردنە سەر بارەگای مەڵبەندی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بالیسان و پاش هێرشی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر پشتاشان. دوابەدوای ئەم روداوانە، پارتی کۆمۆنیستی عیراق ئەندامەتیی خۆی لە کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکاری هەڵپەسارد. پارتی کۆمۆنیستی سوریاش پشتگیریی کردو لە کۆمیتەکە کشایەوە.

سکرتێری کۆمیتەی ئامادەکار، عەبدولحەمید دەروێش، هەموو توانای خۆی بۆ فریاکەوتنی کۆمیتەکەو رێگرتن لە مراندنی خستە گەڕ. نامەی بۆ هەر شەش لایەن ناردو داوای کرد کۆبونەوەیەك بۆ «پتەوکردنی تێکۆشانی هاوبەش» لە نێوان هەموو لایەنەکان ببەسترێ. هەروەها بە نامە داوای لە خالید بەکداش کرد رۆڵی هەبێ لە هاندانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بۆ گەڕانەوە بۆ کۆمیتەکە، هەروەك داوای ئەوەشی لێ کرد کە نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی سوریا بگێڕێتەوە بۆ کۆبونەوەکانی کۆمیتەکە. لە ئەنجامی ئەم کۆششە دیپلۆماتکارییەدا، رێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە کۆمیتەی ئامادەکار لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٨٣ لە پاریس کۆ ببێتەوە. لە ماوەی ١-٣ی تشرینی دووەمدا کۆبونەوەکە لە پاریس بە ئامادەبونی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو لە بری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عومەر شێخموس لە بری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەمال بورقای لە بری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، عەبدولحەمید دەروێش لە بری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا بەسترا، بەڵام نوێنەرە چاودێرەکانی هەردوو پارتی کۆمۆنیستی عیراق و سوریا بەشدارییان تێدا نەکرد.

کۆبونەوەکە پێداچونەوەی بە ناوی کۆمیتەکەدا کردو لە کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکارییەوە کردی بە کۆمیتەی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هێزە نیشتمانییەکانی کوردستان و داوای لە لایەنە پێکهێنەرەکانی کرد تێ بکۆشن بۆ «یەکخستنی خەباتی هێزە نیشتمانییەکان لە دژی ئیمپریالیزم و

کۆنەپەرستی و چەوسانەوەی نەتەوەیی» و لایەنەکانی هاندا کێشەکانیان بە «ڕێوشوێنی دیموکراتییانە» چارەسەر بکەن. ئەم کۆبونەوەیە دواییین کۆبونەوەی کۆمیتەکە بوو. ئیتر پاشان لەبەر یەك هەڵوەشا و پوکایەوە.

زۆر هۆ لە پشت پوکانەوەی کۆمیتەی ئامادەکارو لەبارچونی ئامانجەکانییەوەن. هەندێ لە لایەنە سیاسییەکان، لەبەر هۆی جیاواز، بە گومانەوە دەیانڕوانییە هەوڵەکانی کۆمیتەی ئامادەکار بۆ هێنانە دیی چەترێك یان بەرەیەکی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان. ئەمانە هەرچەند بەرهەڵستیی هەوڵەکەیان نەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆریش پێشوازییان لێ نەکرد. هەروەها هەندێ لە لایەنە سەرەکییەکانی کۆمیتەی ئامادەکار، لەوانە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەستئاوەڵا نەبون لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکار. حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە زۆربەی هەرە زۆری بارەگاکانی سەرکردایەتی و ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی لە ناو خاکی عیراقدا بون، فشاری حکومەتی عیراقی لەسەر بوو بۆ کشانەوە لە کۆمیتەی ئامادەکار یاخود، لانی کەم، نەنواندنی چالاکییەکی کارا تێیدا. هەرچەند حزبی دیموکرات ڕوبەڕوی ئەو فشارە بۆوە، بەڵام هەندێ جار فشارەکان بە ئەندازەیەك تینیان بۆ دەهێنا کە ئەستەم بوو بتوانرێ بەرپەرچ بدرێنەوە. لەلایەکی ترەوە، حزبی دیموکرات لە ناو هەموو ئەندام و چاودێرەکانی کۆمیتەی ئامادەکاردا، تاکە لایەنی سیاسی بوو کە بارەگای لە سوریا نەبوو و هیچ پەیوەندییەکیشی لەگەڵ حکومەتی سوریا نەبوو. ئەمەش بەربەست بوو لە بەردەم بەشداری کردنی لەو کۆبونەوانەی کە لە دیمەشق دەبەستران، بەتایبەتی لە ساڵانی جەنگی عیراق- ئێراندا کە تێیدا سوریا پەیوەندییەکی ستراتیجیی لەگەڵ ئێراندا هەبوو و نەیدەهێشت ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هیچ چالاکییەکی سیاسی لە ناو سنورەکەی ئەنجام بدات.

لە لایەکی ترەوە، یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتانی تری بلۆکی سۆسیالیست زۆر بە جموجوڵەکانی کۆمیتەی ئامادەکار ئاسودە نەبون، هەرچەند کۆمیتەی ئامادەکار لە بەیاننامەکانیدا خۆی لە بەرەی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دادەنا، گوتارێکی هاوشێوەی وڵاتانی سۆسیالیستی بەکار دەهێناو بزوتنەوەی کوردی بە دۆستی بلۆکی سۆسیالیست دەناسی. بونی هەردوو پارتی کۆمۆنیستی سوریاو عیراق بە چاودێر لە کۆمیتەی ئامادەکار، هیچی لە ڕەوشەکە نەگۆڕی و نەیتوانی کاریگەری لەسەر سیاسەتی بلۆکی سۆسیالیست بەرامبەر بە کۆمیتەی ئامادەکار بەجێ بهێڵێ. هەردوو حزب، سەرەڕای هەوڵی لێبڕاوانەیان، نەیانتوانی یەك کۆبونەوەی کۆمیتەی ئامادەکار لە هیچ وڵاتێکی سۆسیالیست ڕێك بخەن، هەروەك هیچ کام لە دوو حزبە کۆمۆنیستەکەی ئێران و تورکیا هەڵوێستێکی دۆستانەی بەرامبەر بە کۆمیتەی ئامادەکار نیشان نەدا.

هەروەها سەرەڕای هەوڵەکانی کۆمیتەی ئامادەکار بۆ بەستنی کۆبونەوەیەك لە کوردستان، هەوڵەکان لەبەر نەڕەخسانی دەرفەتی لەبار، بە ئاکامی خوازراو نەگەیشتن.

گەورەترین کێشە کە ڕوبەڕوی کۆمیتەی ئامادەکارو پڕۆژە سیاسییەکەی بۆوە، پەیوەندیی گرژی نێوان بەرەی جودو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە ناو وڵات، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٨٣، کە بە هۆیەوە دوو ئەندامی دیاری کۆمیتەی ئامادەکار، واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق، تێوە گلانە ناو ململانێی چەکدارو بەربونە گیانی یەکتری. ئەو ململانێ چەکدارە هیچ دەرفەتێکی

بۆ کۆبونەوەی هەردولا لە ژێر چەترێکی هاوبەش نەهێشتەوە. ئەگەر کۆمیتەی ئامادەکار بیتوانیایە پێش تەشەنە سەندنی ململانێی چەکدار لە کوردستان، ئامانجە خوازراوەکانی بەدی بهێنێ، چانسێکی زۆر بۆ خۆلادان لە شەڕو سەقامگیرکردنی ئاشتی و تەبایی دابین دەبوو.

وەکو تر، چوار لایەنە سەرەکییەکەی کۆمیتەی ئامادەکارو دوو چاودێرەکە پشکێکی زۆری شانازیی ئەوەیان پێ دەبڕێ کە هەوڵی لێبڕاوانەیان بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ژێر چەترێکی کۆکەرەوە داوە.

هەر بەو پێودانگەش، عەبدولحەمید دەروێش، سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا، ئەو شانازی و سەروەرییەی پێ دەبڕێ کە رابەرایەتیی هەوڵەکەی کردووە و سەرەڕای هەموو دژواری و بەربەستەکان، تا دوایی کۆڵی نەداوە و بە ئومێدی سەرختستنی پرۆژە سیاسییەکە بووە.

## پاشکۆی ژمارە ١

## راگەیەندراوی کۆبونەوەی کۆمیتەی ئامادەکار لە بەرلینی رۆژئاوا (١٩٨٢)

لە ماوەی نێوان ٢ و ٥ی ئازاری ١٩٨٢دا نوێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریاو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆ بونەوە، هەروەك نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی سوریا وەك چاودێر ئامادەی کۆبونەوەکە بوو. نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەشداریی لە کۆبونەوەکەدا نەکرد، لە کاتێکدا کە بڕیار بوو ئەویش وەك چاودێر بەشدار بێ. پاش گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی بیروڕا، کۆبونەوەکە ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

یەکەم: ناوی کۆمیتەکە بەم جۆرە دەبێ «کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان حزبە کوردی و کوردستانییە پێشکەوتنخوازەکان».

دووەم: پابەندبون بە راگەیەندراوی کۆبونەوەی یەکەم کە لە ماوەی ١٩-٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠دا بەستراوە.

سێیەم: دەم و دەست پاش ئەم کۆبونەوەیە، دەست بە پێکهێنانی ئەم کۆمیسیۆنانە دەکرێ:

١-کۆمیسیۆنی راگەیاندن: لە نوێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریاو پارتی کۆمۆنیستی عیراق پێك دەهێنرێ. ئەم کۆمیسیۆنە گۆڤارێك بە ناوی «دەنگی کوردستان» وەك ئۆرگانی کۆمیتەی ئامادەکار بە زمانی کوردی (بە پیتی لاتینی)و عەرەبی دەردەکاو بەپێی پێویست و توانا وەردەگێڕدرێتە سەر زمانە رۆژهەڵاتی و ئەوروپاییەکان.

٢-کۆمیسیۆنی پەیوەندییە کوردستانییەکان: لە نوێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریاو پارتی کۆمۆنیستی سوریا (لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، بە هاوکاریی نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هەروەها لە نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (لە ئەوروپا)، بە هاوکاریی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا پێك دەهێنرێ. ئەم کۆمیسیۆنە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا پەیوەندی لەگەڵ هەموو هێزە کوردی و کوردستانییەکان بە بێ جیاوازی و لە هەموو

پارچەکانی کوردستان دادەمەزرێنێ، ئەویش پاش ڕەزامەندیی ئەندامی کۆمیسیۆنەکە لەو پارچەیە.

**٣-کۆمیسیۆنی پەیوەندییە دەرەکییەکان:** لە هەموو ئەندام و چاودێرانی کۆمیتەی ئامادەکار پێك دەهێنرێ کە ئەوانەش کارەکانیان بەم چەشنە بەسەردا دابەش دەکرێ: نوێنەرانی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریاو پارتی کۆمۆنیستی سوریاو پارتی کۆمۆنیستی عیراق پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە سۆسیالیستەکان و حزبە کۆمۆنیستەکان دادەمەزرێنن و لەم کارەدا نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا هاوکاریان دەبن. نوێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندی لەگەڵ حزبە سۆسیالیست و سۆسیال- دیموکراتەکان دادەمەزرێنن. نوێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق پەیوەندی لەگەڵ گروپە فەلەستینییەکان و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزە ڕزگاریخوازییەکانی تر دادەمەزرێنن و لەم کارەدا نوێنەرانی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریاو پارتی کۆمۆنیستی سوریا بەپێی پێویست هاوکاریان دەبن.

**٤-کۆمیسیۆنی دارایی:** لە نوێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (لە ئەوروپا)و هەروەها لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی کۆمۆنیستی سوریا (لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پێك دەهێنرێ. بۆ ڕایی کردنی کارەکان لە سێ مانگی داهاتودا، هەر لایەنێك کۆمەکێکی دارایی پێشکەش دەکات. کۆمیسیۆنی دارایی هەوڵ دەدا یارمەتیی دارایی و ماددی لە هەموو ئەو لایەنانە بەدەست بێنێ کە خۆیان بە دۆستی گەلی کورد دەزانن. ئەو یارمەتییەش بۆ ئەم بوارانەی خوارەوە تەرخان دەکرێ:

أ-یارمەتیدانی ئەو هێزانەی کە ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکارن و لە خەباتی چەکدار دان.

ب-یارمەتیدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی تورکیا لە دژی جۆنتای عەسکەری و لەپێناوی وەدی هێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کورد.

پ-یارمەتیدانی هێزەکانی کوردی سوریا بۆ تۆکمەکردنی خەباتی سیاسییان و خۆڕێکخستن.

ت-یارمەتیدانی هەر ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕی کوردی یان کوردستانی لە ناو وڵات و لە دەرەوە بەو چەشنەی کە کۆمیتەی ئامادەکار بە پێویستی دەزانێت.

ج-بۆ ڕایی کردنی کاروبارو چالاکییەکانی کۆمیتەی ئامادەکار.

چوارەم: کۆمیتەی ئامادەکار لەپێناوی بەدی هێنانی هەلومەرجێك کە تێیدا گەلی کورد بتوانێ خۆی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدا تێدەکۆشێت، هەر بۆیە کار بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی فراوانی کوردستانی دەکات. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، کۆمیتەی ئامادەکار پەیوەندی بە هەموو هێزێکی کوردستانیی وڵاتپارێزەوە دەکات بەبێ جیاوازی ، ئامانج و تێبینییەکانی کۆمیتەکەیان پێ ڕادەگەیەنێ و داوایان لێ دەکا بەشدار بن لە خەباتی پیرۆزی گەلی کورد لەپێناوی ئازادی و دەست ڕاگەیشتن بە مافی چارەی خۆنوسین.

پێنجەم: پێویستە لەسەر حزبە ئەندامەکان کۆمیتەی ئامادەکار لە پرسە گرنگەکانی تایبەت بە چارەنوسی

گەلەکەمان ئاگادار بکەنەوە، راو بۆچونی لەبەرچاو بگرن، بۆ ئەو هەنگاوانەی کە نیازی هەڵهێنانیان هەیە راوێـژی پێ بکەن، رونکردنـەوەی پێویست پێشکەش بە کۆمیتەکە بکەن و سود لە راو بۆچون و پێشنیارەکانی وەرگرن.

شەشەم: کۆمیتەی ئامادەکار لـەم بارودۆخەی ئێستادا وەکو خۆی دەمێنێتەوەو فراوان ناکرێ. بەڵام لە قۆناغی داهاتودا هەوڵ دەدا سیاسەت و ئامانجەکان و رێبازی خۆی رون بکاتەوەو بچەسپێنێ، پاشان هەنگاوی پێویست بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی و دامـەزرانـدنـی بـەرەیـەکـی فـراوانـی کوردستانی هەڵدەهێنێ. بـەڵام ئەمە بەم مانایە نیە کە نابێ پەیوەندی لەگەڵ هێزە کوردستانییە وڵاتپارێزەکانی دیکە دابمەزرێنێ، بەڵکو دەتوانێ لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆیدا هاوکارییان لەگەڵ بکات.

حەوتەم: کۆمیتەی ئامادەکار کار بۆ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی جیهانی بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی گەلی کورد بە هاوکاریی حزب و رێکخراوە دۆستەکان دەکات.

هەشتەم: کۆمـیتەی ئـامادەکـار هـەر چی زووە سەردانی وڵاتانی سۆسیالیست، لیبیا، یۆنان و قوبرس دەکاو دیدار لەگەڵ رێکخراوە فەلەستینییەکان و حزبە کۆمۆنیست و سۆسیالیست و سۆسیال- دیموکراتەکان ساز دەکـات، ئـەویش بـە مەبەستی رونـکردنـەوەی ئامانجەکانی کۆمیتەکە، شرۆڤەکردنی مەسەلەی کوردو بەدەستهێنانی یارمەتیی ماددی و مەعنەوی بۆ جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد.

نۆیەم: کۆمیتەی ئامادەکار هەر چی زووە کار بۆ یەکخستنی بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دەکاو هەوڵی ئەوە دەدا کە کورسیی خوێندن بۆ خوێندکارانی کوردستان لە وڵاتە دۆستەکان بەدەست بێنێ بە مەبەستی دابین کردنی کادیری زانستی بۆ نیشتمان.

دەیەم: کۆمیتەی ئامادەکار کۆبونەوەی داهاتوی لە هەفتەی یەکەمی مانگی حوزەیران لە یەکێ لە وڵاتە سۆسیالیستەکان یان لە شاری ڤیەننا دەبەستێ. وادەی دیاریکردنی کات و شوێنی کۆبونەوەکە، نابێ لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری داهاتوو تێپەڕێ.

تێبینی: پێویستە لەسەر ئەندامان و چاودێرانی کۆمیتەی ئامادەکار لە ماوەی دوو هەفتەدا پاش کۆتایی هاتنی ئەم کۆبونەوەیە، نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەندامەتیی کۆمیسیۆنەکان دیاری بکەن. بە نوسین هیچ شتێك دەربارەی ئەم کۆبونەوەیە بڵاو ناکرێتەوە، مەگەر پێشتر بڕیاری بۆ دەرچوو بێ.

ئـەوانـەی بەشدارییان لـەم کۆبـونـەوەیـەدا کـردووە، ئەمانەن: کەمال بورقای سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، عەزیز ماملێ ئەندامی کۆمیتەی نـاوەنـدیـی حزبی دیـموکراتـی کـوردسـتـانـی ئـێران، عەبدولحەمید دەروێش سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا، کەمال فوئاد ئەندامی کۆمیتەی سـەرکـردایـەتـیی یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رەمۆ شێخۆ فەرحە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی سوریا.

بەرلینی رۆژئاوا

**١٩٨٢/٣/٦**

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## راگەیەندراوی کۆبونەوەی دیمەشق
## (١٩٨٢)

لـە ٥ی حـوزەیـرانـی ١٩٨٢دا نـوێـنـەرانـی هەر یەك لە پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا،

پارتی دیموکراتی کوردی سوریا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی کۆمۆنیستی سوریاو پارتی کۆمۆنیستی عیراق کۆبونەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکارییان بەست، بەڵام نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەی کۆبونەوەکە نەبون.

لەم سەروبەندەدا رەوشی ئێستای بزوتنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی کوردو پێشهاتەکانی ناو ئەو وڵاتانەی کە گەلی کوردیان تێدا دەژی مشتوماڵ کران، ئەویش لە گۆشە نیگای ئەو هەوڵ و رەنجەوە کە دراوەو دەشدرێ و هەروەها لە روانگەی ئەو سەرکەوتنانەوە کە لەسەر ئاستی کاری هاوبەش و دابین کردنی کەش و هەوایەکی گونجاو لە نێوان هێزە ناسیۆنالیست و نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکاندا بە مەبەستی تۆکمەکردنی خەباتی هاوبەش لەپێناوی دیموکراسی و مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد بەو چەشنەی کە لە دیکۆمێنتی پرۆگرامی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ی دەستەی ئامادەکاردا جێگیر کراون. لەم سەروبەندەدا بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو پێشکەوتنانە کرا کە لە کوردستانی عیراق سەبارەت بە هێورکردنەوەی رەوشەکە بەدەست هاتون و کاریگەریی ئەم کارە لەسەر خەباتی هاوبەش دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم لەپێناوی وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستانی عیراق و هێنانە سەر کاری رژێمێکی دیموکراتی ئیئتیلافیی پێشکەوتنخواز لە عیراقدا، بە هەند وەرگیرا. بەشداربووانی کۆبونەوەکە جەختیان کردە سەر گرنگیی هەماهەنگی و کاری هاوبەشی نێوان حزب و بزوتنەوە کوردی و کوردستانییەکانی کوردستانی تورکیاو کوردستانی ئێران و کوردستانی عیراق، هەروەها حزبە کوردییەکانی سوریا.

لە سەرێکی دیکەوە، جەخت کرایە سەر گرنگیی هەماهەنگی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە نیشتمانی و دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی دژ بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و کۆنەپەرستی و زایۆنیزم لە تورکیا، ئێران، عیراق و سوریاو پێویستیی لێك جیاکردنەوەی دۆست و دوژمنەکان، هەم لە ناو وڵات هەم لە دەرەوەو ئاراستەکردنی لولەی تفەنگ بۆ سینگی دوژمنی هاوبەش کە ئیمپریالیزمی جیهانییە و پتەوکردنی هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیست، بە رابەریی یەکێتیی سۆڤێت، پشت و پەنای بنەڕەتی و هەمیشەیی بزوتنەوەکانی رزگاریی نیشتمانی و نەتەوەیی لەوانە بزوتنەوەی رزگاریخوازو نەتەوەیی دیموکراتی گەلی کورد.

لەم سەروبەندەدا ئیمپریالیزمی جیهانی و لە پێشی پێشەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو کۆنەپەرستی و زایۆنیزم چەند جارێك، بە ئاشکرا، دوژمنایەتبی بزوتنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کوردیان کردووە کە ئەمەش زادەی سروشتی چینایەتی و چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمە وەك سیستمێکی کۆمەڵایەتیی بنیاتنراو لەسەر بنچینەی چەوساندنەوەی گەلانی شەیدای ماف و ئازادی، هەر بۆیە ئیمپریالیزم لە هەلومەرجی قەیرانی جیهانیی رژێمی سەرمایەداریی جیهانیدا وەرچەرخاوەتە سەر گۆڕینی دەمامکەکەی، بە هەماهەنگی لەگەڵ سۆسیال ئینتەرناسیۆنالیست، بە مەبەستی دورخستنەوەی بزوتنەوەکانی رزگاریی نیشتمانی لە دژایەتی کردنی سەرمایەداری وەك فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی- ئابوری. لەم نێوانەدا هەندێ لە بزوتنەوەکانی رزگاریی نیشتمانی، تیۆریی جیهانیی سۆسیالیزمیان کردۆتە رێپیشاندەری خەبات بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای دیموکراتی شۆڕشگێڕو سۆسیالیست. لەو بزوتنەوانەش کە لەم چوارچێوەیەدا کراونەتە ئامانج، بزوتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتی

رزگاریخوازی کوردە.

لەسەر ئەم بنچینەیە، بەشداربووانی کۆبونەوەکە جەختیان کردە سەر پێویستیی خۆپاراستن لە مەترسیی فیکریی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالیست و پێویستیی بەرەبەرەکانێ کردنی و ورپاکردنەوەی ئەندامان و جەماوەری حزبە کوردی و کوردستانییەکان، چونکە بزوتنەوەی گەلی کورد لە مەسەلەی ململانێی جیهانیی نێوان ئیمپریالیزم و سۆسیالیزمدا بێلایەن نیە.

بەشداربووانی کۆبونەوەکە پێداگرییان لەسەر تاوانبارکردنی دەستدرێژیی دڕندانەی ئیسرائیل- ئەمریکا بۆ سەر ئازادی و سەربەخۆیی و یەکپارچەپی لوبنان و بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی فەلەستین و کۆماری سوریا کردەوەو پێیان وایە ئەم دەستدرێژییە کە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆنەپەرستانی ناوچەکە ئەنجام دەدرێ، دەستدرێژییە بۆ سەر ئازادی و سەربەخۆیی و چارەنوسی تەواوی گەلانی ناوچەکە، بۆیە دەبێ ئەم دەستدرێژییە بە هەماهەنگی و هاوپەیمانیی تەواوی گەلان و بزوتنەوەو حزبەکانی ناوچەکە، بە توندی بەرپەرچ بدرێتەوەو پشتگیریی تەواوی بزوتنەوەی نیشتمانیی لوبنان و رێکخراوی رزگاریی فەلەستین و گەل و حکومەتی خۆڕاگری سوریا بکرێ. هەروەها بەشداربووانی کۆبونەکە بە چاوی رێزەوە دەڕواننە بەرخودان و خۆڕاگریی پاڵەوانانەی بزوتنەوەی نیشتمانیی لوبنان و رێکخراوی رزگاریی فەلەستین و سوپای سوریا دژی دڕندەترین دوژمنی پڕچەککراو بە تازەترین چەکی ئەمریکی و پشت ئەستور بە پشتیوانیی تەواوی ئیمپریالیزم کە ئەمریکایە.

لە رەوتی گفتوگۆی هاوڕێیانەو مەبدەئییانەدا، بەشداربووانی کۆبونەوەکەی دەستەی ئامادەکاری هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان حزبە کوردی و کوردستانییە پێشکەوتنخوازەکان، ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دەرکرد:

١-بەستنی کۆبونەوەی داهاتوی دەستەی ئامادەکار لە کۆتایی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٢ بە ئامادەبونی هەموو لایەنەکان لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی و باشتریش وایە سکرتێری حزبەکان ئامادەی کۆبونەوەکە بن. نیاز وایە ئەم کۆبونەوەیە لە کوردستان ببەسترێ، بەڵام ئەگەر ئەمە رێك نەکەوت، شوێنێکی تر بۆ بەستنی کۆبونەوەکە هەڵدەبژێردرێ.

٢-پەیوەندی کردن بەو حزب و بزوتنەوە کوردی و کوردستانییانەی کە لە سوریا نوێنەریان هەیە بۆ بەستنی کۆبونەوەیەك بۆ پشتگیری کردنی بزوتنەوەی نیشتمانیی لوبنان و گروپە فەلەستینییەکان و سوریا دژی دەستدرێژیی ئیسرائیل- ئەمریکاو دەرکردنی بانگەوازێك بەم بۆنەیەوە.

٣-هەر یەك لە هەڤاڵان دکتۆر جەوهەر شاوەیس ( لەبری پارتی کۆمۆنیستی عیراق) و دکتۆر فوئاد مەعسوم ( لە بری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی گشتیی کوردستان ئامادە دەکەن و دواتر لەسەر کات و شوێنی بەستنی کۆنگرەکە رێککەوتن دەکرێ.

٤-لایەنەکانی دەستەی ئامادەکار لە کۆبونەوەی داهاتودا ئەرکە داراییەکانی خۆیان بەجێ دەهێنن.

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا بەشداربووان جەختیان کردە سەر گرنگیی بەردەوامبونی دەستەی ئامادەکار لەسەر کارەکانی خۆی، هەروەها جەختیان کردە سەر ئەوەش کە کاتی ئەوە هاتووە بڕیارەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆو کۆنکرێتی جێبەجێ بکرێن بۆ خزمەت کردنی مەسەلەی رزگاری و دیموکراتییانەی گەلی کورد و پێویستیی بڵاوکردنەوەی دیکۆمێنتی پرۆگرامی کۆبونەوەی یەکەمی دەستەی ئامادەکار پاش بەستنی کۆبونەوەی داهاتوو.

دەستەی ئامادەکار

دیمەشق ١٩٨٢/٦/٦
تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## کۆنوسی کۆبونەوەی کۆمیتەی ئامادەکار لە پاریس (١٩٨٣)

لە ماوەی نێوان ١-٣ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣دا نوێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا کۆ بونەوەو ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دا:

١-کۆمیتەیەك بە ناوی کۆمیتەی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هێزە نیشتمانییە کوردەکانی کوردستان پێك دەهێنرێ و بە کۆمیتەی هاوکاری ناو دەبرێ. کۆمیتەی هاوکاری بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە کار دەکا:

-یەکخستنی خەباتی هێزە نیشتمانییەکان لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و بەدی هێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتی و مرۆییەکانی گەلی کورد.

- بەدی هێنانی پشتیوانی و هاوکاری لە نێوان هێزە نیشتمانییە کوردستانییەکان.

- چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هێزە نیشتمانییەکان بە ڕێوشوێنی دیموکراتییانە.

- کارکردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بە بەشداریی هەموو هێزە نیشتمانییەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر رەوشی ئەمڕۆی گەلی کوردو وەدی هێنانی مافە نەتەوەییەکانی.

-دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و ناساندنی مەسەلەی کورد پێیان و دابین کردنی یارمەتیی ماددی و ویژەیی بۆ بزاڤە دیموکراتییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

٢-کۆمیتەی هاوکاری کار بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارانەی خوارەوە دەکات بە زوترین کات:

-دانانی ئۆفیسێك بۆ رایی کردنی کاروباری کۆمیتەکە.

-دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی مانگانە بە زمانی ئینگلیزی.

-دانانی بودجەیەك بۆ رایی کردنی کاروباری کۆمیتەکە.

-هەر ڕێکخستنێکی کۆمیتەی هاوکاری نوێنەرێك لەسەر ئاستی سەرکردایەتی دیاری دەکات. کۆمیتەکە لەو چوار نوێنەرە پێك دێ.

-وەرگرتنی هەر ڕێکخراوێکی نیشتمانی لە کۆمیتەکە بە کۆی دەنگی لایەنەکانی کۆمیتەکە دەبێ.

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان

باڵێکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش و هەڵوەشانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و دام و دەزگاکانی، لە سوریا دامەزراوە. وەك بە ناوەکەیەوە دیارە، دامەزرێنەرەکانی کۆمیتەکە هیوایان لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو کە بتوانن ئامادەکاری بۆ زیندوکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، جێی پارتییە کۆنەکە بگرنەوە و پارتی لەسەر بنچینەیەکی نوێ و مۆدێرن و دور لە خێڵگەرایی ڕێك بخەنەوە.

کۆمیتەی ئامادەکردن پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە سوریا، بەتایبەتی لەگەڵ کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، دروست کرد بەڵام نەبوە ئەندامی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و پێی باش بوو بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە.

گرنگترین دیکۆمێنتی سیاسی کە حزبەکە دەری کردووە، نامیلکەیەکە بە زمانی عەرەبی کە لە سەرەتای کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لە سوریا بە ناونیشانی «هەڵسەنگاندنی رەوتی شۆڕشی کورد و هەرەس هێنانی و پەندە هەڵهێنجراوەکانی» دەرچووە و تێیدا حزب رەخنەی توند لە بڕیاری کۆتایی هێنان بە شۆڕش و بڵاوە پێ کردنی هێزی پێشمەرگە دەگرێ و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرەڕای رێککەوتنی جەزایر لە نێوان رژێمی شای ئێران و حکومەتی بەعس، دەرفەتی خۆڕاگرتن و درێژەدان بە خەباتی چەکدار شتێکی مەحاڵ نەبوو.

کۆمیتەی ئامادەکردن بە دەستپێشخەریی دکتۆر مەحمود عوسمان دامەزراوە و هەر یەك لە قادر جەباری، شەمسەددین موفتی و عەدنان موفتی بەشدار بون لە پرۆژەکەدا.

حزبەکە پشتیوانیی لە هەوڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و لە هاوینی ١٩٧٧دا سێ کەس لە سەرکردەکانی حزبەکە، هەر یەك لە دکتۆر مەحمود عوسمان و قادر جەباری و شەمسەددین موفتی، بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، گەڕانەوە بۆ کوردستان. ساڵی ١٩٧٨ پاش بەرێ کردنی بەشی یەکەم و دووەمی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر سنوری عیراق - تورکیا، دکتۆر مەحمود عوسمان و قادر جەباری لەگەڵ بەشی سێیەمی هێزەکە لە چیای قەندیل مانەوە. سەرەتای پایزی هەمان ساڵ دکتۆر مەحمود عوسمان دیکۆمێنتێکی تری بە ناونیشانی «تاقیکردنەوەی رابردوو و خەباتی ئەمڕۆی گەلەکەمان» نوسی، تێیدا رەخنەی توندی لە ململانێی سیاسیی ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٧٠ ی نێوان رەوتی جەلالی و رەوتی مەلایی گرتبوو. دیکۆمێنتەکە بە شێوەی نامیلکە، بەبێ ئەوەی ناوی نوسەری لەسەر بێ، لە قەندیل وەك یەکێ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوکرایەوە. هەر لەو ماوەیەشدا تاڵەبانی پێشنیاری کرد، کۆمیتەی ئامادەکردن لە پاڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، وەك باڵی سێیەم بچێتە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڵام پێشنیارەکە هیچی لێ نەکەوتەوە. لە کۆتایی هەمان ساڵ، حزبەکە بارەگای لە ناوزەنگ دانا.

لەبەر بەخۆکەوتنەوەی بەشێکی سەرکردایەتیی جارانی پارتی و پەیدابونی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆژەی کۆمیتەی ئامادەکردن بۆ جێگرتنەوەی پارتی دیموکرات بە بنبەست گەیشت و چیتر لیژنەی ئامادەکردن نەیتوانی لافی نوێنەرایەتی کردنی پارتییە کۆنەکە لێ بداو نەشیتوانی وەك هێزێکی سیاسی دەرکەوێ.

پاش لەناوچونی باڵی عەلی عەسکەری لە سەروبەندی ئۆپەراسیۆنی هەکاری دا، نزیکبونەوەیەك لە نێوان کۆمیتەی ئامادەکردن و باڵی رەسول مامەندی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان هاتە ئاراوە، بەتایبەتی کە باڵی رەسول مامەند هەندێ کێشەی لەگەڵ تاڵەبانی و سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەران هەبوو. لەم سەروبەندەدا بیرۆکەی جیابونەوە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ویەکگرتنەوەی هەردولا و پێکهێنانی حزبێکی نوێ سەری دەرهێنا. لە نەورۆزی ١٩٧٩ دا لەگەڵ جیابونەوەی باڵی رەسول مامەند لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمیتەی

ئامادەکردنیش بارەگاکەی پێچایەوەو لەگەڵ جیابووەکان لە گوندی گۆڕەشێر گیرسایەوە. پاشان هەردوکیان پێکەوە حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستانیان پێکهێنا.

بابەتی پەیوەندیدار.

*حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

## کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ

کۆمیتەیەکە لە ساڵی ١٩٧٨دا بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان پێك هاتووە. بابەتی پێکهێنانی کۆمیتەیەك بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان لە کۆبونەوەی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەگوندی شێنێ مشتوماڵ کراو پاشان بڕیاری لێ درا. پێشتر ئەم باسە لە ناو ڕێکخستنی شارەکان گفتوگۆی لەسەر کرابوو. لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەدا ڕێکخستنەکان چوو بونە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕێکخستنی شارەکان پێویستی بە ناوەندێکی بڕیاردەرە لە ناو شارەکان و لەم بارەیەوە نامەیان بۆ سەرکردایەتی ناردبوو. مەبەست لە پێکهێنانی کۆمیتەکە دامەزراندنی ئۆرگانێکی بڕیار بەدەست بوو لە شارەکان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکان بە جۆرێك کە کۆمیتەکە دەسەڵاتی تەواوی بڕیاردانی لە کاروباری ڕێکخستندا هەبێ.

جەمال تاهیر ڕاسپێردرا کۆمیتەکە پێك بێنێ. بەڵام بەر لەوەی دەست بە پێکهێنانی کۆمیتەکە بکا، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا و لەم سۆنگەیەوە ئەرکەکە کەوتە ئەستۆی دلێر ئەحمەد شوکری. بەمجۆرە کۆمیتەکە لە شەش ئەندام پێك هات کە ئەمانەن: جەمال تاهیر بەرپرسی کۆمیتەکە، دلێر ئەحمەد شوکری و جەمال نوری لە سلێمانی، حاجی مەمۆ لە هەولێر، ئەحمەد کرێکار لە کەرکوك، مستەفا باجلوری لە دهۆك. ئەندامانی کۆمیتەکە بونە ئەندامی سەرکردایەتیی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان.

پاش ئازادکردنی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩، جەمال تاهیر گەڕایەوە سەر لێپرسراوەتییەکەی خۆی وەك لێپرسراوی کۆمیتەکەو لە ماوەی هەڵسوڕانی کارایدا توانی سەرکەوتنی گەورە لە کاروبارەکانیدا بەدەست بێنێ. لە سایەی جموجوڵو ئەکتیڤبونی ئەندامانی کۆمیتەکەو کادیرە پێشکەوتووەکانیدا، ڕێکخستنەکان گەشەیەکی زۆریان بەخۆیانەوە بینی. لەو ماوەیەدا فشاری دەزگا ئەمنییەکان حاجی مەمۆی ناچار کرد هەولێر بەجێ بێڵێ و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکا. بۆیە کۆسرەت ڕەسول عەلی جێی گرتەوەو بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ.

لە تشرینی دووەمی ١٩٨١دا جەمال تاهیر بۆ جاری دووەم دەستگیر کرایەوەو ئەمجارە بە شێوەیەکی دڕندانەتر ئەشکەنجە درا بەڵام دەزگا ئەمنییەکان هیچ زانیارییەکیان لەبارەی ڕێکخستنەکانەوە لێ هەڵنەکراند. جەمال تاهیر پاش نزیکەی هەشت مانگ خۆڕاگریو بەرخودان، لە تەموزی ١٩٨٢دا بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا. دەستگیرکردنی، هیچ کاریگەریی خراپی لەسەر کارایی کۆمیتەکە نەبوو چونکە ڕێکخستنەکان وا ڕێك خرابون کەبتوانن بە شێوەیەکی دور لە ناوەندێتی خۆیان بەڕێوە بەرن.

ساڵی ١٩٨١ کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ نوێنەری بۆ کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ناردو ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی سەبارەت بە ڕەوشی ڕێکخستن پێشکەش بەکۆنفرەنس کرد.

له کۆنفرەنسی دووەمدا دەزگایەك بە ناوی دەزگای ناوەندیی ڕێکخستن بڕیاری لێ دراو ڕێکخستنی شارەکانیش بەسەر چوار ڕێکخراودا دابەش کران. ئەم بڕیارە ئاماژەیەك بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ، بەتایبەتی کە لەم کۆنفرەنسەدا جەمال تاهیر بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرا، پاش کۆنفرەنسیش لە ناوزەنگ گیرسایەوە، نەگەڕایەوە بۆ سلێمانیو لە یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیی تازەدا لێپرسراوەتیی دەزگای ناوەندیی ڕێکخستنی پێ سپێردرا.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ لە ماوەی هەڵسوڕانی لە ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٢دا ڕۆڵێکی کارای لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەو هۆشیاریی نەتەوەییدا گێڕاوە، هەروەك دەستێکی باڵاشی لە سەقامگیرکردنی پێگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆمەڵگادا هەبوە.

## کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر

سەرکردایەتییەکی تایبەت بەناوچەی هەولێرە. وەك بەشێك لەنەخشەی دابەش کردنی دەسەڵاتو چالاك کردنی هێزی پێشمەرگە، لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨١ پێك هێنرا. بەپێی نەخشەکە، وا دانرا بوو دوو کۆمیتەی سەرکردایەتی، یەکێك لە ناوچەی هەولێرو ئەوی تر لە ناوچەی سلێمانی، پێك بهێنرێ بەڵام لە جێبەجێ کردندا تەنها کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر پێك هات.

سنوری دەسەڵاتی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر هەموو ناوچەکانی پارێزگای هەولێرو ناوچەکانی ڕانیەو بیتوێنو دوکانو بەری ئاسۆس و قەلادزێی گرتۆتەوە. ئەگەرچی بەشێکی سنوری دەسەڵاتی کۆمیتەکە، کەوتۆتە سنوری پارێزگای سلێمانییەوە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە لەڕوی هاتوچۆوە پەیوەندیی پتەویان لەگەڵ ناوچەی هەولێردا هەبوو، خرانە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێرەوە.

کۆمیتەکە لە سێ ئەندامی سەرکردایەتی پێك هاتبوو. بەرپرسی کۆمیتەکە دکتۆر کەمال خۆشناو بوو، دوو ئەندامەکەی تر نازم عومەر و سەید مەجید حسێن مورسل زەمان بون. لێپرسراوەتییەکان بە پێی سێ باڵەکەی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابەش کرابون. بەم پێیە، لێپرسراوی کۆمیتەکە سەر بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، لە دوو ئەندامەکەی تریش نازم عومەر سەر بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو، سەید مەجیدیش سەر بە هێڵی گشتی بوو. لە ناوخۆدا، لێپرسراوەتییەکان بەم جۆرە دابەش کرابون: بەرپرسیارێتیی بەشی کاروباری پێشمەرگایەتی بە سەید مەجید سپێردرابوو، یاریدەدەرەکەشی سەید کەریم هاودیانی بوو، لێپرسراوەتیی بەشی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن خرابووە ئەستۆی نازم عومەرەوە کە هاوکات لێپرسراوی لقی ٤ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بوو کە سنوری کارکردنی، ناوچەکانی هەولێر، کۆیە، ڕەواندزو بیتوێنی دەگرتەوە.

بارەگای کۆمیتەکە لەگوندی وەرتێ دانرا کە لەپێشمەرگایەتیو خەباتدا مێژویەکی دێرینی هەیە. سنوری چالاکیی هێزی پێشمەرگەی سەر بە کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر قەڵەمڕەوێکی بەربڵاو دەگرێتەوە، لە سنوری عیراق ـ ئێرانەوە تا سەر ڕوباری دیجلە لە بناری چیای ئاسۆسەوە تا سەر زێی گەورە.

لە پاڵ بەشی کاروباری پێشمەرگایەتیو

بەشی ڕێکخستنو بەڕێوەبردن، کۆمیتەکە بەشی کۆمەڵایەتیو ڕاگەیاندنیشی هەبوو.

لە سەرەتادا بەشی ڕاگەیاندن بەشێکی کاراو کاریگەر نەبوو بەڵام پاش هەڵوەشاندنەوەی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوە کەبارەگاکەی لە ناوزەنگ بوو، بڕیار درا چاپخانەی دەزگاکە بە هەموو کەلوپەل و بەشێکی کادیرەکانییەوە هەموی بدرێ بە بەشی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر. لە کۆتایی ئازاری ساڵی ١٩٨٢ چاپخانەکە لە وەرتێ ڕادەستی کۆمیتەکە کرا و ناوی چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحیدی لێ نرا. هەر لەو چاپخانەیەدا دەست بە دەرکردنی گۆڤاری «ڕاپەڕین» و پاشکۆی «پێشمەرگە» کرا و چەندین نامیلکەو کتێب چاپ کران.

ئەزمونی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر زۆری نەخایاند، نزیکەی ساڵێك درێژەی کێشا. ئەو هەلومەرجەی تێیدا دامەزرا هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار بوو. ڕوداوەکانی شەڕی ناوخۆو پەلهاوێشتنی شەڕی عیراق - ئێران بۆ سنوری باکوری پارێزگای هەولێر، کاریگەریی زۆریان لەسەر شێوەی بەڕێوەچونی ئەرکەکانی کۆمیتەکە بەجێ هێشت، جگە لەوەی کە کۆمیتەکە لە دواییدا هەندێ ناکۆکیی تێکەوت و ناکۆکییەکان گەیشتنە ڕادەی دەست لەکارکێشانەوەی نازم عومەر.

بەڵام سەرەڕای کەموکوڕییەکان، ئەزمونەکە بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتوو بوو، بە تایبەتی کە کۆمیتەکە لە ڕوی پێشمەرگایەتییەوە هەلومەرجێکی باشتری بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هێزی پێشمەرگە دابین کردبوو، لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکی تەندروستتری لە نێوان دەزگاکانی شۆڕش و دانیشتوانی ناوچەکەدا هێنابووە ئاراوەو لە ڕوی ڕاگەیاندنیشەوە گوڕو تینێکی بە بزاوتی ڕۆشنبیریی ناوچەکە دابوو.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر دەسەڵاتێکی زۆری پێ درابوو بە ئەندازەیەك کە لە سنوری دەسەڵاتی خۆیدا نوێنەرایەتیی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەکردو لە کاروباری ناوخۆدا بڕێکی زۆر ئۆتۆنۆمیی هەبوو. ئەم ئەزمونە هەوڵێکی گرنگ بوو بۆ خۆڕاپسکاندن لە ناوەندێتیو بەشداری پێ کردنی ناوچەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری لۆکاڵی خۆیاندا بەو چەشنەی کە بە گونجاوی دەزانن. ئەم ئەزمونە ڕێخۆشکەر بوو بۆ پەیدابونی مەڵبەندەکان، بەتایبەتی لەو گۆشە نیگایەوە کە مەڵبەندەکان بەکردەوە فۆرمێکی هەموارکراو و گەشەپێدراوی ئەزمونی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر بون.

## کۆمیتەی شارەکان

کۆمیتەکە پاش لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی کۆمیتەی ئەستێرەی سور و ئاشکرابوون و گیرانی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان و هانا بردنی ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ ئێران، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕێکخستن لەئەیلولی ١٩٧٥ پێك هات.

ئەم کۆمیتەیە لە برایم جەلال لە سلێمانی، ئیحسان نەجم محێدین (ئەبوشەهاب)و ئازاد هەورامی و ئەحمەد کرێکار و حەمید محەمەد کاکەمەند لە کەرکوك و عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر لە هەولێر پێك هات و توانی لە بواری گرتنەوەی هەندێ لە هێڵە پچڕاوە پەرش و بڵاوەکانی ڕێکخستنی نهێنی سەرکەوتوو بێ. لە مانگی تشرینی دووەم بەدواوە هەندێ لە کادیرەکانی تری ڕێکخستن کەوتنە پەیوەندی کردن بە یەکترییەوە بۆ پێکهێنانی

سەرکردایەتییەکی ئەلتەرناتیڤ بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە. کۆمیتەی شارەکان دژی ئەم هەوڵە وەستایەوەو بەشداریی تێدا نەکرد، بەڵام هەندێ لە ئەندامەکانی، لەوانە ئازاد هەورامی و عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر، پشتیوانییان لە دروست کردنی سەرکردایەتییەکی ئەلتەرناتیڤ کردو بەشدارییان لە پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکاندا کرد.

پاش پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکان بە ڕابەرایەتیی شاسوار جەلال، لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٦ کۆنتاکت لە نێوان هەردوو کۆمیتەدا بۆ تێکەڵبوونەوە هاتە ئاراوەو لە مانگی ئایاردا کۆمیتەی شارەکان لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکاندا یەکی گرتەوە. ئەم یەکگرتنەوەیە دەرفەتێکی گونجاوی بۆ خۆ تەرخانکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان بۆ پێکهێنانی دەستە چەکدارەکان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار پێك هێنا.

## کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت

کۆمیتەی سەرکردایەتی کردنی یەکە پارتیزانەکانی کوردستان. کۆمیتەیەکە بە بڕیاری کۆبونەوەی ٢٢ی تەموزی ١٩٩٠ی قاسمە ڕەش دامەزراوە. لەو کۆبونەوەیەدا کە لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بە سەرپەرشتیی نەوشیروان مستەفا بەسترا، مەسەلەی پێکهێنانی ئۆرگانێك بۆ سەرکردایەتی کردنو بەڕێوەبردنی یەکە پارتیزانەکان تاوتوێ کرا و لە کۆتاییدا بڕیار درا ئۆرگانێك بە ناوی کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەتەوە پێك بهێنرێ.

لەو سەردەمەدا بابەتی یەکە پارتیزانەکان جێی بایەخێکی زۆر بوو چونکە بەگونجاوترین فۆرم بۆ دابین کردنی بەردەوامبونی خەباتی چەکدارو بە ڕایەڵەیەکی گرنگی نێوان سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو جەماوەری ئۆردوگا زۆرە ملێ و شارەکان دادەنران.

لێپرسراوەتیی کۆمیتەکە بە چوار کادیر سپێردرا و ئەرکەکانیش بەمجۆرە بەسەریاندا دابەش کرا: حامد حاجی غالی سەرۆکایەتیی کۆمیتەکەی گرتە ئەستۆ، بێستون سابوراوایی کرایە لێپرسراوی کاروباری سیاسیو ڕێکخستن، محەمەد کەریم عیسا کەسنەزانی ناسراو بە حەمە ڕەش کەسنەزانی کرایە لێپرسراوی عەسکەریو جەبار یاوەر کرایە لێپرسراوی کارگێڕیو دارایی. لەم سەروبەندەدا نەوشیروان مستەفا لە نزیکەوە سەرپەرشتیی کارەکانی کۆمیتەکەی دەکردو بە بەردەوامی ڕێنوێنیو نەخشەو پلانی بۆ دادەنا.

دوو مانگ پاش پێکهێنانی کۆمیتەکە هەر یەك لە غەریب هەڵەدنیو عوسمان حاجی مەحمود وەك لێپرسراوانی عەسکەری بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەکە زیاد کران.

کۆمیتەکە گوڕو تینێکی تازەی بە بواری پارتیزانی بەخشیو لەم سەروبەندەدا هەر لە سەرەتای دامەزراندنیدا هێزێکی پارتیزانی بە سەرپەرشتیی حەسەن سەلیم بۆ بادینان پێکهێنا کە غەنی عەبدال و تۆفیق چەلکیو چەند کادیرێکی تر بەشدار بون تێیدا. هێزەکە پاش پێکهێنانی بەماوەیەکی کەم، لە هاوینی ١٩٩٠دا ڕەوانەی سنوری بادینان کرا و لەدواییدا ژمارەی پێشمەرگەکانی گەیشتە ٧١ پارتیزان.

کۆمیتەکە لە ئابی ئەوساڵەدا کۆبونەوەیەکی فراوانی بە پێشمەرگەی یەکە پارتیزانەکان کردو راسپاردەی پێویستی پێ ڕاگەیاندن. کۆمیتەکە بەرنامەیەکی وردی بۆ ئەوە دانابوو کە ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو کادیرە پێشکەوتووەکان بە شێوەی پارتیزانی بۆ ناوچە چۆڵکراوەکان بگوازرێنەوە، چونکە ئێرانو عیراق لەسەر پاراستنی ئاسایشی سنوری نێوانیان

رێك كەوتبون و لێپرسراوانی ئێران بە سەركردەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانیان ڕاگەیاندبوو كە چیتر ڕێگە نادەن لەسەر خاكی ئێران بارەگایان هەبێ یان لەسەر سنور جموجوڵی پێشمەرگانە بنوێنن‌و لەم سەروبەندەدا بژاردەی چەك كردنی هێزەكان و بڵاوكردنەوەی پێشمەرگەیان بەسەر شارەكانی ئێراندا پێشنیار كردبوو. بۆیە، سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانی بیری لەوە كردبۆوە كە بەشێكی بەرچاوی كادیرو پێشمەرگەكانی، بە یارمەتیی پارتیزانەكان، بگوێزێتەوە بۆ ناوەوەو تەنانەت بیری لەوەش كردبۆوە كە پەناگە بۆ هەندێ ئەندامی سەركردایەتی لە شارەكان ئامادە بكرێ.

بەڵام بارودۆخی قەیرانی كوێت و سوربونی ڕژێمی عیراق لەسەر هێشتنەوەی هێزەكانی لە كوێت، ڕەوشێكی تازەی هێنایە ئاراوەو مەترسیی ئەگەرە نەخوازراوەكانی ڕەواندەوە. لەو ماوەیەدا كۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت چەند خولێكی بۆ ئەو پێشمەرگانە كردەوە كە ئامادە بون ببن بە پارتیزان و پەیوەندی بە مەفرەزە پارتیزانەكانەوە بكەن. لە پایزدا ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی بۆ ئەم مەبەستە ناونوس كرابون لە٥٠٠ پێشمەرگە زیاتر بوو. لە خولەكاندا پارتیزانەكان فێری هونەری جەنگ دەكران لەوانە هەڵگرتنەوەو دروست كردنی مین، شێوەی خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە سەختەكاندا، چۆنێتیی چونە ناو شارەكان‌و شێوازەكانی پەیوەندی كردن بەرێكخستنەكانەوە.

لە كۆتایی ساڵدا، كاتێك بەرنامەی ڕاپەڕین لە لایەن سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە دانرا، ڕۆڵێكی سەرەكی وەك ڕێپیشاندەرو چاوساغی هێزی پێشمەرگە بە پارتیزانەكان سپێردرا، سەرباری ئەوەی كە سەركردەو پێشمەرگە پارتیزانەكان لە گرتنی شارەكاندا ڕۆڵێكی دیاریان نواند.

## كۆمیتەی هەرێمەكان

كۆمیتەیەكە لە كۆتایی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥، پاش شاڵاوی دەزگا ئەمنییەكانی ڕژێمی بەعس لە دژی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و هانا بردنی سەركردایەتیی كۆمەڵە بۆ ئێران، لە سلێمانی پێك هێنراوە. دامەزرێنەرانی كۆمیتەكە لە ئەرسەلان بایز، ئیحسان نەجم محێدین، عوسمان نانەوا و ئازاد هەورامی پێكهاتون.

لە هەلومەرجێكی فرە ئاڵۆزو دژواردا كۆمیتەكە هەوڵی فریاكەوتنی ڕێكخستنەكانی دا و ویستی كۆنترۆڵی ڕەوشی شێواوی ناو كۆمەڵە بكات و كاریگەریی گورزە سەختەكەی دەزگا ئەمنییەكان كەم بكاتەوە. بەڵام كۆمیتەكە لە هەوڵەكانیدا بۆ بەدی هێنانی ئامانجەكانی زۆر سەركەوتوو نەبوو. هۆی ئەمە بۆ چەند فاكتەرێك دەگەڕێتەوە. یەكەم، بەرامبەر بەم كۆمیتەیە، كۆمیتەیەكی تر بە هەمان ناو بە سەرۆكایەتیی شاسوار جەلال سەری دەرهێنا كە هەوڵی هەمان ئامانجی داوەو لە كاركردن و میكانیزمەكانی هەڵسوڕاندا دینامیكترو سەركەوتوتر بووە و لە ماوەیەكی پێوانەییدا توانیویەتی باری گلاوی ڕێكخستنەكان ڕاست بكاتەوە. دووەم، لە چوار ئەندامە دامەزرێنەكەی كۆمیتەكە، ئەندامێكی كۆمیتەكە كە ئەرسەلان بایزەو كادیرێكی دیكەی كۆمیتەكە كە ئاوات عەبدولغەفورە، لە كۆبونەوەی كۆمیتەكەدا بڕیار درا بنێردرێن بۆ ئێران بۆ لای ئەندامانی سەركردایەتیی كۆمەڵە بۆ ئەوەی لە ڕەوشی خراپ و شێواوی ڕێكخستنەكان ئاگاداریان بكەنەوە، لە كاتێكدا ئەو ئەندامانەی سەركردایەتی بۆ خۆ دەربازكردن لە شاڵاوی هێزە ئەمنییەكان چوو بون بۆ ئێران. سێیەم، ئەندامێكی تری كۆمیتەكە كە ئیحسان نەجم محێدینە، بوارێكی زۆری بۆ

کارکردن لە سلێمانی نەبوو و لە ترسی دەستگیرکردن، لە بەغدا خۆی شاردبۆوە. چوارەم، ئەندامێکی تری کۆمیتەکە کە ئازاد هەورامییە وازی لە کۆمیتەکە هێنا، پەیوەندیی بە شاسوار جەلالەوە کرد، پشتگیریی هەوڵەکانی کرد بۆ ڕێکخستنەوەی شانە پەڕاگەندەکان و لێپرساوەتیی هەرێمی کەرکوکی لە ئەستۆ گرت.

تەنها یەك دیکۆمێنتی فەرمی لە لایەن کۆمیتەکەوە دەرچووە کە هیچ مێژویەکی لەسەر نیە، بەڵام بەپێی ناوەڕۆکەکەی، دەردەکەوێ کە لە سەرەتای ساڵی ۱۹۷٦ دەرچووە و پێدەچێ مەبەستێکی سەرەکیی دەرکردنی ، وەڵامدانەوەو بەرپەرچدانەوەی ئەو راپۆرتە بێ کە کۆمیتەی هەرێمەکانی سەر بە شاسوار جەلال دەری کردووەو تێیدا تانە لە سەرکردایەتیی شەهاب شێخ نوری دراوەو رەخنەی توندی لێ گیراوە.

لە دیکۆمێنتەکەدا رەوشی شێواوی ڕێکخستنە نهێنییەکان، پاش گیرانی ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و هانا بردنی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ ئێران رون کراوەتەوە. ئامانجی دیکۆمێنتەکە بەرزکردنەوەی ورەی ئەندامان بوو لەو هەلومەرجە سەختەدا، هەروەها تێیدا هەوڵ دراوە ئاسەواری جەزرەبەکە لەسەر هەڵسوڕانی ڕێکخستنەکان کەم بکرێتەوەو مەسەلەکە بە شتێکی ئاسایی وەربگیرێ، لەو روانگەیەوە کە هەموو ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕی نهێنی دەشێ روبەڕوی نەهامەتی و مەینەتیی لەو جۆرە ببێتەوە، هەروەها لە دیکۆمێنتەکەدا باس لە نەریتی خۆڕاگری و ئازایەتی و بەرخودان کراوە.

دیکۆمێنتەکە وای داناوە کە ئەرکی ئەو قۆناغەی خەبات «پاراستنی کۆمەڵەیە» و لەم سەروبەندەدا وای دەربڕیوە کە پێویستە «لە هەموو کاتێ زیاتر وریاترو چاوکراوەتر بین» و بە رونی نیشانی داوە کە مانەوەی کۆمەڵە پێداویستییەکی مێژوییەو لەم رووەوە وا گوزارشتی لەو ئارەزووە کردووە کە «دەمانەوێت کۆمەڵە بپارێزین».

بەراوردکردنی ئەم دیکۆمێنتە لەگەڵ دیکۆمێنتی راپۆرتی شوبات کە گروپی کۆمیتەی هەرێمەکانی سەر بە شاسوار جەلال دەری کردووە، دەری دەخا کە جیاوازییەکی زۆر رون لە ستراکچەری ئایدیۆلۆژیدا لە نێوان هەردوو کۆمیتەدا هەیە. ئەو جیاوازییە رەنگدانەوەی جیاوازیی ئاراستەی ئایدیۆلۆژیای نێوان گروپی شەهاب شێخ نوری و گروپی شاسوار جەلال بوو. دیکۆمێنتە نمایشکراوەکە کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی ماویست نیشان دەداو لە ناواخندا هێرشی کردۆتە سەر ئیمپریالیزم و سۆسیال ئیمپریالیزم. دەستەواژەی دوایی ئاماژەیەکی رونە بۆ یەکێتیی سۆڤێت. بونیادی ئایدیۆلۆژیی دیکۆمێنتەکە لەسەر بنەمای یەکسان کردنی ئەمریکاو یەکێتیی سۆڤێت دامەزراوە، واتە جیاوازی نەکردن لە نێوانیان و دانانی هەردوکیان بە ئیمپریالیزم. ئەم تیۆرییە هەمان تیۆرییە کە سەرکردەی کۆمۆنیستی چین، ماو تسی تۆنگ، داینـاوەو چین سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر بنچینەکەی داڕشتووە.

هەروەها دیکۆمێنتەکە بە توندی هێرشی کردۆتە سەر ریڤیژیونیزم کە دەستەواژەیەکە بە مانای لادان لە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی رەسەنی مارکسیزم دێت و هەموو حزبە کۆمۆنیستەکانی بلۆکی سۆسیالیست بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤێت و حزبە کۆمۆنیستەکانی وابەستەی یەکێتیی سۆڤێت بە لادەر دادەنێ.

دیکۆمێنتەکە بە بایەخێکی زۆرەوە باسی رۆڵی رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی لە پرۆسەی شۆڕشدا کردووە، گرنگیی بە هاوپەیمانیی کرێکاران و جوتیاران داوەو لەم سەروبەندەدا چەند وتەیەکی ماو تسی تۆنگی بە نمونە هێناوەتەوە، هەروەك جەختی کردۆتەوە سەر پێویستیی هەڵگەڕانەوەی

ڕۆشنبیرە بورژوازییەکان لە چینەکانی خۆیان بۆ ئەوەی «بکەونە کارکردن لەپێناوی پرۆلیتاریادا». هەر لەم چوارچێوەیەشدا دیکۆمێنتەکە پێی لەسەر ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار داگرتووەو بۆ ساغکردنەوەی تێڕوانینەکانی، پشتی بە وتەیەکی کارل مارکس بەستووە کە وتویەتی «پرۆلیتاریا یان شۆڕشگێڕە یان هیچ نیە».

دیکۆمێنتەکە ڕەخنەی توندی لە سەرکردایەتیی شەهاب شێخ نوری نەگرتووە. بە بەراورد لەگەڵ ڕەخنەکانی ڕاپۆرتی شوبات کە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی بە ڕاکردوو و بەزیو تێدا هاتووە، ڕەخنەکانی ناو دیکۆمێنتەکە ڕەخنەی ڕیشەیی نین. بەڵام لە هەمان کاتدا دیکۆمێنتەکە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی وا ناسیوە کە لە ڕوی تیۆرییەوە «لاواز» بووەو وای بۆ چووە کە «مەسەلەی سەرکردایەتی یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە» و لەم سەروبەندەدا دوو نمونەی بۆ سەلماندنی گرنگیی ڕۆڵی سەرکردایەتی هێناوەتەوە کە یەکێکیان ئەرێنییەو خۆی لە ڕۆڵی ماو تسی تۆنگ و پارتی کۆمۆنیستی چین دا دەبینێتەوەو ئەوی تر نەرێنییە و خۆی لە ڕۆڵی سەرکردایەتیی هەردوو پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت و یۆگۆسلاڤیادا بەرجەستە کردووە. دیکۆمێنتەکە هێورتر ڕەخنە لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەگرێ. بەڵام زۆربەی ڕەخنەکان ڕوخسارێکی تیۆریکییان هەیە. لەم سەروبەندەدا ئەو ڕەخنەیە لە سەرکردایەتی گیراوە کە «خوو و ڕەوشتی وردە بورژوازییانە»ی هێناوەتە ناو ڕێکخستن و ڕەفتاری سەرکردایەتی «لە زۆربەی کاتدا شوێنەواری ئایدیۆلۆژیای وردە بورژوازیی پێوە دیار بووە». هەروەها دیکۆمێنتەکە ئەوەی وروژاندووە کە سەرکردایەتی بۆ پەرەپێدانی پەروەردەی ئایدیۆلۆژی «کارێکی ئەوتۆی نەکردووە»، هەوڵی ڕاستەقینەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو ڕێکخستن نەداوەو زۆربەی سەرکردەکان خۆیان لە لای ژمارەیەکی زۆری ئەندامان ئاشکرا کردبوو.

دیکۆمێنتەکە لە کۆششێکدا بۆ هێورکردنەوەی ڕەخنە توندەکانی ناو ڕاپۆرتی شوبات، زۆرتر بابەتی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆ گرتنی وروژاندووەو ئەم پرنسیپەی بە «بەردی بناغەی باوەڕ بە یەکتری کردن» ناسیوەو لەم ڕووەوە جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە پێش ڕەخنەگرتن « دەبێ باش بە هەڵەکانی خۆماندا بچینەوەو چاکیان بکەینەوە، ئینجا ڕەخنەی هاوڕێیانەشمان بە گیانێکی هاوڕێیانە قبوڵ بکەین و دیسان خۆمان ڕاست بکەینەوە». دیکۆمێنتەکە زۆرتر لەسەری دەڕواو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «بە هەمان شێوەو بە هەمان گیانی هاوڕێیانەو دڵسۆزانەش، ڕەخنە لە هاوڕێکانمان بگرین و دەبێ ڕەخنە پێش هەموو شتێك لەپێناوی چاککردنەوەدا بێت نەك ڕوخاندن».

ڕاپۆرتی کۆمیتەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕەوشەکە نەبوو. کۆمیتەکەش نەیتوانی ڕەوشەکە کۆنترۆڵ بکا، بەتایبەتی کە کۆمیتە ڕکابەرەکەی شاسوار جەلال کە ئەویش هەر بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە کاری دەکرد، لە کارەکاندا سەرکەوتوتر بوو و توانی متمانەی زۆرینەی ڕێکخستنەکان بەدەست بێنێ.

## پاشکۆ

### چەند پەرەگرافێك لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی هەرێمەکان

بڕبڕەی پشتی مەسەلەی پاراستنی کۆمەڵەو بەجێ هێنانی ئەرکە گەورەکە ئەوەیە کە بەو تاقیکردنەوانەدا بچینەوەو چاوێکی مەوزوعییانە بە لایەنی چاك

و خراپی ڕەوتی ماوەی پێشوماندا بگێڕینەوە، بە گیانێکی مارکسییانەی ڕاست و دڵسۆزانەوە خاڵە بەهێزەکانمان، چ لە خۆماندا و چ لە ڕێبازو شێوەی ڕێکخستندا دەستنیشان بکەین و لە ڕێگای ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆ گرتنێکی ڕاستەوە هەوڵ بدەین لایەنە چاکەکەمان پەرە پێ بدەین و لایەنە خراپ و چەوتەکانیش فڕێ بدەین و دوپاتیان نەکەینەوەو هەوڵ بدەین ڕاستی پەیڕەو بکەین و بەرە پێشەوە بڕۆین.

ئەگەر ئەمە بکەین و لەمەودوا بەردەوام بین و ئەم هێڵە، هێڵی ڕاست و دروستی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆ گرتن بەر نەدەین و ئەگەر بێت و ڕێبازی ڕاستی مارکسیستی- لینینیستی بگەڕێنینەوەو ئامادەی خەبات بین، ئەوا دڵنیا دەبین لەوەی کە ئەم ئەرکە گەورەیەش کە لە ئەستۆمان دایە، دێتە دی و سەرکەوتوو دەبین.

بەڵام ئەگەر وا نەکەین، ئەوا دەبێ تەنیا چاوەڕێی شکست و تیاچون بین و خۆمان لە زەلکاوی سەرشۆڕیی فاشیستەکاندا یان لە زیندان و سەر قەنارەدا ببینینەوە. جا لەبەر ئەوەی ئێمە ڕێگای خەباتمان هەڵبژاردووەو دەمانەوێت سەرکەوین، ئەم هەوڵە دەدەین سەبارەت بە پێداچونەوەی ڕەوتی ماوەی رابردوو و هەڵسەنگاندنی کارەساتی ئێستامان لە هەموو رویەکەوە.

****

ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆ گرتن بەردی بناغەی باوەڕ بە یەکتری کردنە. باوەڕ بە یەکتری کردنیش بڕبڕەی پشتی مەسەلەی ناوەندێتیی دیموکراتییە. دەبێ باش بزانین کە ڕاست و دروست تەرازوو نەکردنی نێوان دیموکراسی و ناوەندێتی، مەسەلەی ڕێکخراوی پۆلایین و مەسەلەی خەبات دەکاتە مەسەلەیەکی پڕو پوچ و منداڵانەو ئەمەش دەبێتە هۆی قوربانیدانی خۆڕایی.

جا بە لای ئێمەوە ئەمانە بە شێوەیەکی دیالەکتیکییانە پێکەوە بەستراون و نەبونی ئەڵقەیەکیان هەموو زنجیرەکە هەڵدەوەشێنێ. بۆیە دوپاتی دەکەینەوە کە پێشەکی، دەبێ باش بە هەڵەکانی خۆماندا بچینەوەو چاکیان بکەین، ئینجا ڕەخنەی هاوڕێیانەشمان بە گیانێکی هاوڕێیانە قبوڵ بکەین و دیسان خۆمان ڕاست بکەینەوە. بە هەمان شێوەو بە هەمان گیانی هاوڕێیانەو دڵسۆزانەش، ڕەخنە لە هاوڕێکانمان بگرین و دەبێ ڕەخنە پێش هەموو شتێك لە پێناوی چاککردنەوەدا بێت نەك روخاندن.

***

سەردەمی مارکس سەردەمی گەشەکردن و دەسەڵاتداری بووە. سەردەمی لینین سەردەمی پەیدابونی ئیمپریالیزم بوو وەك بەرزترین پلەی سەرمایەداری. بە لای ئێمەوە ئەوەی کە ئەم سەردەمە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە سەردەمی بەرەو خوار چونی ئیمپریالیزم و نەشونماکردن و گەشەکردنی سۆشیال ئیمپریالیزمە واتە ریڤیژیونیزمی دەسەڵاتدارو هەروەها سەردەمی ڕزگاربونی گەلان و بنیاتنانی ڕژێمی دیموکراتی نوێیە. قۆناغی یەکەمی سۆسیالیزم تەواو بووەو بڕاوەتەوەو هیچ دەوڵەت و هێزێکی تر دەوری نەماوە چونکە سۆشیال ئیمپریالیزم دەستی بەسەر دنیادا گرتووە، یاخود بە پێچەوانەوە، لە کاتێکدا کە هەردوو هێزە زلەکە هەوڵ دەدەن دنیا بەش بکەن (دەمێك بە ڕێککەوتن دەمێك بە گوڕ لە یەکتری کردن)، لە هەمان کاتدا گەلانی ئاشتی و ئازادیخواز بە گەرمی دژی هەردوو هێزەکە خەبات دەکەن. ئەم خەباتە لە هەر لاوە بە شێوەی گونجاوی خۆی ساز کراوەو بە ئاشکرا هەست بە سەرکەوتنەکانیان دەکرێ.

هەروەها دەوڵەت و ڕژێمە جۆراوجۆرەکانیش (ئەوانەی کە بە یەکێك لەو دوو هێزە نەبەستراونەتەوە) هەوڵی یەکخستنی هێز و توانای خۆیان دەدەن بۆ

بەربەرەکانێ کردنی هەژمونی ئەو دوو هێزە بەسەر وڵاتەکانیانەوە.

****

لە وڵاتانی رزگاری ویستدا وەك چۆن پرۆلیتاریایان لە چاو پرۆلیتاریای وڵاتە سەرمایەدارە خاوەن پیشەسازییەکان لاوازە، هەروەها بورژوازییەکەشیان لاوازە. بەڵام ئەگەر بێت و بە تێکڕایی سەیری باری چینایەتیی ئەم وڵاتانە بکەین، دەبینین پرۆلیتاریا زۆر لە چینی بورژوازی بەهێزترە چونکە ئەم وڵاتانە بەگشتی وڵاتی کشتوکاڵین و جوتیاران زۆربەن و داخوازییە دێرینەکانیان هێشتا نەهاتونەتە دی. واتە لەوێ جوتیاران ئامادەی خەباتن چونکە لە زۆر لەم وڵاتانەدا مەسەلەی نەتەوایەتی هەیەو مەسەلەکە بە تەواوی چارەسەر نەکراوەو زۆرینەی چینەکانی تریش وردە بورژوازین، تەنانەت بەشێك لە بورژوازیی ناوەڕاستیش لە خەباتدا لەگەڵ پرۆلیتاریا یەك دەگرێتەوە، بێگومان ئەمەش بە مەرجێك حزبێکی پێشڕەو لە کایەدا بێت و باش بزانێت ئەمانە بە دوای خۆیدا رابکێشێت.

روی سەرەکیی لاوازیی ئەم وڵاتانە لەوەدا نیە کە ژمارەیان کەمە، بەڵکو لەوە دایە کە یەکەم، حزبە تەحریفییەکان (ریڤیژیونیستەکان) زۆریان لێ هەڵخەڵەتاندون، دووەم، لەبەر ئەوەی هێشتا لە زۆربەی زۆری ئەم وڵاتانەدا حزبی پێشڕەوی بەتواناو بە دەستەڵات نەهاتۆتە مەیدانەوە. لەو وڵاتانەدا دەسەڵات بە دەست بورژوازییەوەیە (جگە لەوانەی کە توانیویانە خۆیان رزگار بکەن وەکو بۆ نمونە ڤێتنام، لاوس و کەمبودیا). تەئسیری ریڤیژیونیزم و دەسەڵات لە هەندێ لەو وڵاتانە، لەوە زیاترە کە هەر بزوتنەوەی مارکسیست لینینیستی لاواز کردووە، بەڵکو لەو چەند وڵاتەدا خزمەتێکی گەورەتر بە بورژوازی دەگەیەنێت.

## کۆمیتەی هەرێمەکان

دامەزراوەیەکی سەرکردایەتییە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لە شاسوار جەلال، مەلا بەختیار، سالار عەزیز و عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر و ئازاد هەورامی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی بۆشایی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و فریاکەوتنی رێکخستنەکان پێك هات.

لە پایزی ١٩٧٥ بەشێکی زۆری رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کەوتنە بەر شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس و لە ئەنجامدا ریزەکانی رێکخستن شێواوییەکی زۆریان تێکەوت. سەرکردایەتیی کۆمەڵەو ژمارەیەك لە کادیرە پێشکەوتووەکان بۆ خۆدەربازکردن لەو شاڵاوە، سلێمانییان بەجێ هێشت و روویان کردە ئێران، بەو ئامانجەی کە لەوێوە دەرفەتێك بۆ گەیشتن بە سوریا بدۆزنەوە، بەڵام لەبەر لاوازیی نەخشەی خۆدەربازکردنەکە، هەموویان لە ئێران گیران و پاشان لە سەری ساڵدا رادەستی عیراق کرانەوە. لەو شاڵاوەی دەزگا ئەمنییەکاندا ژمارەیەکی زۆر کادیرو ئەندام گیران و ئەوانەش کە خۆیان لە شاڵاوەکە دەرباز کرد، خۆیان شاردەوە. بەپێی ئەو هەلومەرجە، پاشماوەی رێکخستنەکان بە پشێوی و کۆمەڵەش بەبێ سەرکردایەتی مایەوە.

دەستپێشخەریی پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکان لەو هەلومەرجە دژوارەدا بۆ گرتنەوەی پاشماوەی رێکخستنەکان و سەرلەنوێ یەکخستنەوەی شانە پەراگەندەکان، فاکتەرێکی گرنگی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بوو، جگە لەوەی کە رۆڵێکی کارای لە سەرخستنی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا هەبوو.

کۆمیتەی هەرێمەکان ئەرکی یەکخستنەوەی رێکخستنەکانی لە هەموو ناوچەیەك بە کادیرێك

سپارد، ئەویش بەمجۆرە: سلێمانی بە سالار عەزیز، کەرکوك بە ئازاد هەورامی، هەولێر بە عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر و بەغداد - خانەقین بە مەلا بەختیار.

کۆمیتەی هەرێمەکان لە هەلومەرجێکی سەختدا پێك هێنرا کە تێیدا کۆمەڵە هەڕەشەی لەناوچونی لەسەر بوو. هەرچەند کۆمیتەکە، بە کردەوە، سەرکەوتوو بوو لە فریاکەوتنی ڕێکخستنەکان و توانی بۆشایی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵە پڕ بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی توندی لێ گیرا. زۆریی ڕەخنەکان پەیوەندییان بە پەرەسەندنی پێشهاتەکانەوە هەبوو. کۆمیتەی هەرێمەکان هەر لە بنەڕەتدا وەك سەرکردایەتییەکی جێگرەوە هەڵسوکەوتی کرد، واتە وەك سەرکردایەتیی تەنگانە گوزارشتی لە خۆی نەکردو هەروەها وەك سەرکردایەتییەکی کاتی خۆی نەنواند. ئەمەش لە ناو ڕێکخستنەکاندا کاردانەوەی لێ کەوتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاردانەوەکان تا ئەندازەی ڕەتکردنەوەو سەرزەنشت کردن، توندو کارا نەبون. زۆربەی ڕێکخستنەکان وەك دیفاکتۆو لە پای هەست کردن بە دژواریی ئەرکەکەو جوامێریی هەوڵەکە، پابەند بون بە هاوکاری کردنی کۆمیتەکە. بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنە ئەرێنییە تا ڕادەیەك لە شوباتی ١٩٧٦ گۆڕانی بەسەردا هات. پاش دەرچونی ئەو دیکۆمێنتەی کە بە ڕاپۆرتی شوبات ناسراوە، ئاستی ڕەخنەکان هەڵکشانی بە خۆیەوە بینی و کاردانەوەکان تۆنێکی بەرزتریان وەرگرت. ڕاپۆرتەکە ڕەخنەی توندی لە سەرکردایەتیی پێشوو گرتبوو تا ئەو ڕادەیەی کە ڕەخنەکان سنوری تۆمەتبارکردن بە کەمتەرخەمی و بێ توانایی و خۆڕانەگری و کار پشتگوێ خستن و هەست نەکردن بە لێپرسراوەتییان تێپەڕاند بوو. ئەمەش کاردانەوەی توندی لێ کەوتەوەو وروژانی لە ناو ڕێکخستنەکاندا دروست کرد، بەتایبەتی کە ڕاپۆرتەکە پاش ڕادەست کردنەوەی ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوو بە عیراق نوسرا بوو و سەرکردە ڕەخنەلێگیراوەکان لە گرتوخانەکانی دەزگا ئەمنییەکاندا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرا و لە ژێر ئەشکەنجەدا بون.

بەمجۆرە، ڕەوشەکە گۆڕانی بەسەردا هات و ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و کادیران ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەیان ڕەت کردەوەو هەندێکیان بەیاننامەیان لە دژی دەرکرد. تەنانەت لەناو کۆمیتەی هەرێمەکانیش ڕاپۆرتەکە هەرای نایەوەو لەم ڕووەوە عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر لێپرسراوی هەرێمی هەولێر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی ڕەت کردەوەو ئەو تۆمەتانەی پەسند نەکرد کە لە ڕاپۆرتەکەدا خرابونە پاڵ سەرکردایەتیی پێشوو. توندترین کاردانەوە بەرامبەر بە پەیدابونی کۆمیتەی هەرێمەکان ئەو جۆرە کاردانەوانە بون کە پەیدابونی سەرکردایەتیی تازەیان وەك کودەتا بەسەر سەرکردایەتیی پێشوودا سەیر دەکرد.

هەندێ لە کادیرەکان بەو جۆرە سەیری کۆمیتەی هەرێمەکانیان کردووە کە سەرکردایەتییەکی خاوەن ڕەوایی نیەو ویستویەتی ڕەوایی لە سەرکردایەتیی پێشوو بسەنێتەوە. لە سەردەمی شۆڕشگێڕیدا مشتومڕەکانی پەیوەست بە چەمکی ڕەوایی هەر بە ناکامی مانەوە چونکە هیچ پێوەرێکی یەکگرتوو بۆ پێناسەکردنی ڕەوایی نەبوو. چەمکی ڕەوایی شۆڕشگێڕانە لەسەر بنەما و پێوەری ڕون دانەمەزراوە، بەڵکو زۆرتر پشت بە پێداویستییە پرەگماتیکییەکانی پرۆسەی شۆڕشێگرانە دەبەستێ. سەرەڕای هەموو کاردانەوەکان، کۆمیتەی هەرێمەکان توانی شەرعیەتێکی پتەو بۆ خۆی دروست بکات کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر دوو بنەما دامەزرا بوو. یەکەم، کۆمیتەی هەرێمەکان فریای کۆمەڵە کەوت و هەڕەشەی لەناوچونی لەسەر نەهێشت. دووەم،

کۆمیتەکە تەنها بەوە دانەکەوت کە ڕێکخستنەکان بگرێتەوەو شانە پەرش و بڵاوەکان پێکەوە گرێ بداتەوە، بەڵکو بە ئەندازەیەکی بەرچاویش پەرەی بە ڕێکخستنەکان دا و دواتر ، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا، پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دابین کردو پێکهێنانی یەکە چەکدارەکانی لە ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان گرتە ئەستۆ.

ڕۆڵی کۆمیتەی هەرێمەکان تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ بەهێز و کاریگەر بوو، بەڵام ئەم ڕۆڵە دوا بەدوای پێکهێنانی یەکەم کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆ یەکێتیی نیشتمانی لە کۆبوونەوەکانی ئاب و ئەیلولی ١٩٧٧ی ناوچەی برادۆست و پاشان دوا بەدوای شەهیدبوونی شاسوار جەلال لە ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٧٨، وردە وردە دای لەکزی.

لە کۆبوونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکان لەگوندی نۆکان لە ئازاری ١٩٧٨، کۆمیتەی هەرێمەکان بە شێوەیەکی فەرمی هەڵوەشایەوە و سەرکردایەتییەکی هەڵبژێردراو جێی گرتەوە. بەم پێیە، تەمەنی کۆمیتەی هەرێمەکان هەمووی ٢٨ مانگ بوو، لە کانونی یەکەمی ١٩٧٦ەوە تا مانگی ئازاری ١٩٧٨.

کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لە ئایاری ١٩٨١ بەستراوە، بە ڕێزێکی زۆر و پێزانینێکی شایستەوە ڕۆڵی کۆمیتەی هەرێمەکانی هەڵسەنگاندووە و لە ڕاپۆرتی گشتیی پەسندکراوی کۆنفرەنسەکەدا هاتووە کە کۆمیتەی هەرێمەکان «شانازییەکی مێژوویی پێ دەبڕێ چونکە ئەم کۆمیتەیە کەوتە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە و سازدانی پێشمەرگە و ئامادەکردنی مەفرەزەی چەکدار»، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاپۆرتەکە سەرکردایەتییەکەی بە «کاتی و لاواز» ناو بردووە، هۆی لاوازییەکەشی بردۆتەوە سەر ئەوەی کە ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکان جگە لە شاسوار جەلال «هەم بە تەمەن زۆر گەنج بون، هەم تەجروبەی سیاسی و عەسکەرییان نەبوو و هەم ئاستی فیکرییان لە ئاستی پێویستییەکانی جوڵانەوەی گەلەکەمان و گەشەپێدانی کۆمەڵەو پێکهێنانی داوو دەزگای پێویستی شۆڕشدا نەبوو. بۆیە تا ماوەیەکی درێژ نەیانتوانی باوەڕو متمانەی بەشی زۆری ئەندامەکانی کۆمەڵە بە دەست بهێنن و نەیانتوانی باوەڕو متمانەی خەڵك وەربگرن، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە ئیتر کۆمەڵە کەوتە خەباتی چەکدارو خەباتی سیاسیی ئاشکرا و کەوتە ململانێی سیاسی لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان». ڕاپۆرتەکە لە هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەدا وای داناوە کە کۆمیتەی هەرێمەکان سەرکەوتوو بووە لە فریاکەوتنی شانە پەراگەندەکانی ڕێکخستن و دروست کردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و لەم سەروبەندەدا بەمجۆرە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەم کارە کردووە کە یەکێکە «لە سەروەرییە گەورەکانی ئەو کۆمیتەیە»، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ڕەخنەی توندی لەوە گرتووە کە «گرتنە بەری ڕێبازێکی چەپڕەوی توندو خۆبەزلزانین و کۆکردنەوەی کەسانی نەگونجاو لەگەڵ فەرمانەکان و سروشتی دەستە چەکدارەکانی سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشدا و کارکردن بە گیانی دەستەگەری، لە هەڵە گەورەکانی ئەم کۆمیتە بون کە ڕاست کردنەوەیان ماندوبون و ڕەنجێکی زۆری گەرەك بوو».

## کۆنفرەنس


بەرزترین دەسەڵاتە لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی دەیەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کۆنفرەنس دەسەڵاتی گۆڕینی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆو دیاریکردنی چارەنوسی کۆمەڵەی هەیە، هەروەها دەتوانێ لە ئیشوکاری کۆمیتەی سەرکردایەتیو دەزگاکانی کۆمەڵە بپێچێتەوەو کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێرێ. بە پێی بڕگەی دووەمی هەمان ماددە، کۆنفرەنس لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیو ئەندامانی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتیو کادیرە پێشکەوتووەکانو نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان پێکدێ. سەبارەت بە بەستنی کۆنفرەنس، بڕگەی سێیەمی هەمان ماددە بەمجۆرە باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە: «کۆنفرەنس لە هەلومەرجی گونجاودا بە دوو ساڵ جارێك و لە کاتی پێویستدا لەسەر بڕیاری پلینۆم یان لەسەر داوای دووسێی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان لەسەر داوای زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە دەبەسترێت».

کۆنفرەنسی ئاماژەپێکراوی ناو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو کۆنفرەنسەدا نیە کە لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا باس کراوە. بە پێی بڕگەی دووەمی ماددەی ٢٣ی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی شۆڕشگێڕان «کۆنفرەنس لە کاتی ئاساییدا دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت یان لەسەر داوای دووسێی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان لەسەر داوای زۆربەی ئەندامانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان دەبەسترێت». هەروەها پەیڕەوی ناوخۆ مافی بەشداری کردنی لە کۆنفرەنس بەئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیو ئەندامانی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتیو کادیرە پێشکەوتووەکانو نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان داوەو لە هەمان کاتدا مافی دیاریکردنی ڕێژەی بەشداربووەکانی بە کۆمیتەی سەرکردایەتی داوە.

بە پێی ماددەی ٢٤، کۆنفرەنس حەوت دەسەڵاتی بۆ دیاری کراوە کە بریتین لە گۆڕینی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ، بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیتەی سەرکردایەتی، دانانی ستراتیجی گشتی، تاوتوێ کردنی سکاڵای ئەندامان، لێپرسینەوەو سزادانی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیو هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان یان گۆڕینی ناوی یان تێکەڵاو کردنی لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیکەدا.

## کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان


بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی

ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن!

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی

- ئازادییە دیموکراتیەکان
- گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی
- ئاواکردنەوەی کوردستان

کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لە ٢١ی ئابی ساڵی ١٩٨٢ لە هۆڵی

شەهاب شێخ نوری لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە لە ناوزەنگ بەستراوەو ٢٢٢ ئەندام بەشداریی تێدا کردوە.

بەپێی کۆنفرەنسی یەکەم، وا دانرابوو کۆنفرەنس هەر دوو ساڵ جارێك ببەسترێ بەڵام سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە باشی زانی وادەی بەستنی کۆنفرەنس ساڵێك پێش بخرێ. بەهۆی ئەوەوە کە کۆنفرەنس یەکەم بەشێکی کێشە ناوخۆییەکانی بە هەڵپەسێردراوی هێشتبۆوە، ئەو کێشانە لە کۆنفرەنسی دووەم رەنگیان دایەوەو لە نێوان نەوشیروان مستەفاو باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان هەندێ مشتومڕ هاتنە ئاراوە بەڵام ئەو مشتومڕە گرفتی گەورەی لێ نەکەوتەوەو توانرا بە شێوەیەکی گونجاو تێپەڕێنرێ.

بە شێوەیەکی گشتی، کۆنفرەنسەکە گفتوگۆی گەرمو گوڕی تێدا کراو بەشێکی زۆری کاتی کۆنفرەنسەکە بۆ باسی رێکخستنەوەی کاروباری رێکخراوەییو پێشمەرگەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەرخان کرا. هەروەها گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر شێوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو کاروباری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کرا و لەم روەوە کۆنفرەنس دوو دیکۆمێنتی گرنگی دەرکرد، یەکێکیان بە ناونیشانی «بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد»، ئەوی تر بە ناونیشانی «بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی» کە بۆ باس کردنی ئازادییە دیموکراتییەکان، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان کرابوو. یەکەمیان بە شێوەی نامیلکەیەکی ١٢ لاپەڕەیی قەبارەی چارەك فولسکابی چاپ کرا و ئەوی تر بە شێوەی نامیلکەیەکی ١٤ لاپەڕەیی قەبارە چارەك فولسکابی.

هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە هەموار کرایەوە و دوای کۆنفرەنس بە شێوەی نامیلکەیەکی ٣٠ لاپەرەیی قەوارە ٨ بە ١٠سم ژمارەیەکی زۆری لێ چاپ کرا.

کۆنفرەنس جەختی کردە سەر مەسەلەی کوردستانیبون و کەمتر بایەخی بە ناسنامەی ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە دا. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە پاش کۆنفرەنس ئاڕمی داس و چەکوش کە لە رێکخراوە مارکسیستەکاندا نیشانەی هاوپەیمانیی جوتیاران و کرێکارانە، لەسەر بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە هەڵگیران و چوار بازنەکە هێڵدرانەوە کە ئاماژەن بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان بەڵام دروشمی «ئەی کرێکارانو گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن» هێڵدرایەوە.

کۆنفرەنس کۆمیسیۆنێکی بۆ لێپرسینەوەو بەدواداچونی سکاڵاکان لەم سێ ئەندامە دروست کرد: ئازاد هەورامی وەك لێپرسراوی کۆمیسیۆنەکەو جەبار فەرمان و پشکۆ نەجمەددین وەك ئەندام. هەروەها دەزگایەکی نوێ بۆ رێکخستن بە ناوی دەزگای ناوەندیی رێکخستن لە کۆنفرەنس بڕیاری لێ دراو کۆمیتەی سەرکردایەتیی رێکخستنی ناوخۆی شارەکان هەڵوەشێندرایەوە و رێکخستنەکانی کۆمەڵە بەسەر چوار رێکخراودا دابەش کران، سەرباری ئەوەی کە کۆنفرەنس پرنسیپی وتووێژی لەگەڵ حکومەتی عیراق پەسەند کرد، ئەگەر رەوشەکە پێویستی بە وتوویژ کرد. پاش کۆنفرەنس لێپرساوەتیی دەزگاکە بەجەمال تاهیر سپێردرا و هەر یەك لە ئازاد هەورامی و قادر حاجی عەلی کرانە ئەندام تێیدا.

کۆنفرەنس سەرکردایەتییەکی حەوت کەسیی هەڵبژارد. کۆمیتەی سەرکردایەتی بەپێی ریزبەندیی دەنگە بەدەستهاتووەکان لەمانە پێك هات: نەوشیروان مستەفا، عومەر عەبدوڵڵا، جەمال تاهیر، فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر کەمال خۆشناو، عەلی بچکۆل و مەلا بەختیار. دوو کاندیدیش کە دەنگی کەمتریان هێنا بوو، ئازاد هەورامی و ئەرسەلان بایز، بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی دانران.

## پاشکۆی ژماره ۱

## پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (۱۹۸۲)

۱-کۆمەڵە:-

۱/۱ ناوی- کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە.

۲/۱کۆمەڵە: رێکخراوی چینی کرێکاری کوردستانە. رەنجدەران و رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕیش لە ژێر ئالاّی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

۳/۱ کۆمەڵە رێکخراوێکی مارکسی- لینینییە، بەپێی جیهانبینیی مارکسیزم- لینینیزم دامەزراوەو کار دەکات.

۲-ئەندامی کۆمەڵە:

هەموو هاوولاّتییەکی کوردستان- ئافرەت و پیاو- دەتوانێ ببێتە ئەندامی کۆمەڵە پاش بەسەربردنی ماوەی پالاّوتنی دیاریکراو بە مەرجێك:

۱/۲ بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پەسەند بکات و کاریان پێ بکات.

۲/۲ لە یەکێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵەدا چالاکانە خەبات بکات.

۳/۲ لایەنی کەمی هۆشیاریی چینایەتی و نیشتمانیی هەبێت.

٤/۲ بڕوای تەواوی بە کوردستانێتیی کۆمەڵە هەبێت و خەبات بۆ بەدیهێنانی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان بکات.

٥/۲ ناو و ناوبانگی باش و دەست و داوێن پاك بێت.

٦/۲ بەپێی دەرامەتی خۆی (بە مەرجێك لە مانگێکدا لە دەستکەوتی ۲ رۆژ کەمتر نەبێت) ئابوونە بدات.

۷/۲ تەمەنی لە ۱۸ ساڵ کەمتر نەبێت.

۳-ئەرکەکانی ئەندامی کۆمەڵە:-

۱/۳ بەوپەڕی لەخۆبوردن و دڵسۆزییەوە سیاسەت و بڕیارەکانی کۆمەڵە جێ بەجێ بکات.

۲/۳ بەرژەوەندیی گەل بخاتە سەروو بەرژەوەندیی کۆمەڵەو بەرژەوەندیی خۆیەوە.

۳/۳ هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسی و تیۆریی خۆی بدات.

٤/۳پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەر بەهێز بکات و لە جەماوەرەوە فێر بێت و جەماوەر فێر بکات، بەشداریی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان بێت و هەوڵ بدات کاری جەماوەر بە هۆی جەماوەرەوە ئەنجام بدات.

٥/۳ یەکێتیی ریزەکانی کۆمەڵە بپارێزێ.

٦/۳ نهێنییەکانی کۆمەڵە بپارێزێت.

۷/۳راستی لە کۆمەڵە نەشارێتەوە. نەترس و مەوزوعی بێت لە دەربڕینی راکانی. دژی خۆپەرستی و دەستەگەری و سوڵتەگەری و خۆبەزل زانین بێت.

۸/۳ بەبێ رەزامەندیی کۆمەڵە هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ لایەنێکی تردا نەبەستێت.

٤- مافەکانی ئەندامی کۆمەڵە:-

۱/٤ هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردن بۆ هەموو رێکخراو و دەزگایەکی کۆمەڵە بە گوێرەی مەرجە پێویستەکانی ئەندامەتیی ئەو دەزگایە.

۲/٤ پێشنیارو پرسیارو رەخنەگرتن لە هەموو مەسەلەیەکی سیاسی، پێشمەرگەیی، رێکخراوەیی و بەپێی سەرەتاکانی ناوەندێتیی دیموکراتی.

۳/٤ لە کاتی لێپرسینەوەدا مافی رووبەڕوو بونەوەو بەرگری لە خۆ کردنی هەیە.

٤/٤ لە پێویستی و تەنگانەدا یارمەتیی خۆی یان خێزانەکەی بدرێت.

٥- وەرگرتن و پالاّوتن لە کۆمەڵەدا:

۱/٥ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بێنە ناو کۆمەڵەوە، بەپێی ئاستی هۆشیارییان، لە ئەڵقەی رۆشنبیریدا رێك دەخرێن.

٢/٥ پاش بەسەربردنی سەرکەوتوانەی ماوەی ئەڵقەی رۆشنبیری، ماوەی پاڵاوتن دەست پێ دەکات بە مەرجێك لە ساڵێك کەمتر نەبێت بەپێی پلەی چینایەتیی ئەو کەسە.

٣/٥ پاش بەسەربردنی ماوەی پاڵاوتن، بۆ بەدەستهێنانی مەرجەکانی ئەندامەتی، دوو ئەندامی کۆمەڵە دەبێ پشتیوانی لە داواکەی بکەن بۆ ئەوەی کۆمیتەی رێکخراو شەرەفی ئەندامەتیی بداتێ.

٤/٥ هەر کەسێك ئەندامی رێکخراوێکی سیاسیی تر بووبێ و وازی هێنا بێت، بە تەنیا ناوەند دەسەڵاتی ئەوەی هەیە شەرەفی ئەندامەتیی پێ بدات.

٦-سزادان لە کۆمەڵەدا:-

١/٦ هەر ئەندامێك ئەرکەکانی ئەندامەتیی بەجێ نەهێنا، یان مەرجێکی ئەندامەتیی لەدەست دا یان زیانی بە کۆمەڵە گەیاند، لە کۆمەڵە دەردەکرێت.

٢/٦ هەر ئەندامێك تەسلیم بووەوە بە دوژمن، شەرەفی ئەندامەتیی کۆمەڵە لە دەست دەدا. ئەگەر ویستی بگەڕێتەوە ریزی کۆمەڵە، دەبێ سەر لە نوێ لە ئەڵقەی رۆشنبیرییەوە دەست پێ بکاتەوە، پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ، بە رەزامەندیی ناوەند وەردەگیرێتەوە بە مەرجێ زیانی بە ریزەکانی کۆمەڵە نەگەیاندبێ.

٣/٦ هەر ئەندامێك تەسلیم بە لایەنێکی سیاسیی تر ببێ، شەرەفی ئەندامەتیی کۆمەڵە لە دەست دەدا. ئەگەر ویستی بگەڕێتەوە ریزی کۆمەڵە، دەبێ سەرلەنوێ لە ئەڵقەی رۆشنبیرییەوە دەست پێ بکاتەوەو پاش تێپەڕبوونی ١٨ مانگ بە ڕەزامەندیی ناوەند وەردەگیرێتەوە، بە مەرجێ زیانی بە ریزەکانی کۆمەڵە نەگەیاند بێت.

٤/٦ ئەو کەسانەی لە ژێر ئەشکەنجەی گرتندا دا ئیعتیراف لەسەر رێکخستن و هاوڕێکانی تریان بکەن و زیان بە ریزەکانی رێکخستن بگەیەنن، بەپێی دادگاییەکی رێکخراوەیی سزا دەدرێن.

٥/٦ سەرنج راکێشان، لە کارخستن و سڕ کردن جۆرەکانی تری سزادانن بۆ ئەو ئەندامانەی لە بەجێهێنانی ئەرکەکاندا کەمتەرخەمی دەکەن، یان سەرپێچی دەکەن لە جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا.

٧-پرنسیپەکانی رێکخستنی کۆمەڵە:-

١/٧ ناوەندێتیی دیموکراتی پرنسیپی بنچینەیی دارشتنی رێکخستن و کارکردنی ناوەوەی کۆمەڵەیە.

٢/٧ دەزگا سەرکردەییەکانی کۆمەڵە بە رێگەی راوێژی دیموکراتی و هەڵبژاردنی سەربەست و نهێنی پێك دەهێنرێن.

٣/٧ لێدوان لە بڕیارو هەڵوێست و فەرمانەکانی کۆمەڵە بۆ دەربڕینی بیروڕا و پرسیار و پێشنیار و رەخنە لە چوارچێوەی رێکخستندا ئازادە.

٤/٧ بڕیارەکانی کۆمەڵە بەبێ مەرج و دودڵی دەبێ جێبەجێ بکرێن و ئینجا رەخنەیان لێ بگیرێت.

٥/٧ دەزگاکانی خواروو ملکەچی دەزگاکانی سەروتر، سەرانسەری رێکخستن ملکەچی سەرکردایەتی و کەمایەتی ملکەچی زۆرایەتییە.

٦/٧ بڕیارەکان بە کۆمەڵ دەدرێن و لێپرسراوێتی و جێبەجێکردنیان بە تاك دەسپێردرێت.

٧/٧ ریزەکانی کۆمەڵە لەسەر بنچینەی یەکێتیی بیرو کارو ئامانج دەپارێزرێن.

٨-بینای رێکخراوەیی کۆمەڵە:-

شێوەی سەرەکیی بینای رێکخراوەیی کۆمەڵە هەرەمییە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەم جۆرەیە:

١/٨ شانە.

١/١/٨ یەکەیەکی بنچینەییە. بنکەی جەماوەری و رەگی کۆمەڵەیە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکیدا.

٢/١/٨ شانە لە ٣ بۆ ٥ ئەندام پێکدێت.

٢/٨ شانەی سەرەکی:

١/٢/٨ شانەی سەرەکی ئەرکی پێکەوە بەستنی چەند شانەیەك و ئاراستە کردنیانی لە ئەستۆ دایە.

٢/٢/٨ شانەی سەرەکی لە ٣ بۆ ٥ لێپرسراوی شانەی ئەندامان پێکدێت.

٣/٨ پۆل:

١/٣/٨ پۆل ئەرکی بەیەکەوە بەستنی چەند شانەیەکی سەرەکی و ئاراستەکردنیانی لە ئەستۆ دایە.

٢/٣/٨ پۆل لە ٣ بۆ ٥ لێپرسراوی شانە سەرەکییەکان پێکدێت.

٤/٨ کەرت:

١/٤/٨ کەرت لە لێپرسراوەکانی پۆلەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو پێکدێت.

٢/٤/٨ کەرت ئەرکی بەڕێوەبردن و رابەرایەتیی رێکخستنی لە ئەستۆ دایە لەو سنورەدا کە رێکخراو بۆی دیاری کردوە.

٣/٤/٨ کەرت دەسەڵاتی وەرگرتنی پاڵێوراوی ئەندامێتیی هەیە.

٤/٤/٨ کەرت دەسەڵاتی سڕکردنی ئەندامی هەیە تا ماوەی ٣ مانگ.

٥/٨ رێکخراو:

١/٥/٨ رێکخراو پێکدێت لە سەرجەم رێکخستنی کۆمەڵەو کەرت و پۆلەکان لە شارێك یان ناوچەیەکی دیاریکراو.

٢/٥/٨ کۆمیتەی رێکخراو لە لێپرسراوی رێکخراو و ٢ ئەندامی کارگێڕ پێك دێت.

٣/٥/٨ ئەنجومەنی رێکخراو لە کۆمیتەی رێکخراو و لێپرسراوی کەرتەکان پێکدێت و بە لای کەمەوە هەر ٣ مانگ جارێك، یان بەپێی پێویست کۆبونەوەی خۆیان دەکەن.

٤/٥/٨ رێکخراو بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردن و هاندان و ئاراستەکردنی رێکخستنی کۆمەڵەو کەرتەکان و لە سەرکردایەتی کردنی جەماوەری ئەو شارو ناوچەیەی بۆی دیاری کراوە.

٥/٥/٨ رێکخراو دەسەڵاتی وەرگرتنی ئەندامی هەیە.

٦/٥/٨ رێکخراو دەسەڵاتی دەرکردنی بەیاننامەی دەربارەی روداوە ناوچەییەکانی سنوری چالاکیی خۆی و پۆستەری هاندانی هەیە.

٦/٨ کۆمیتەی سەرکردایەتی:

١/٦/٨ کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرزترین دەسەڵاتی کۆمەڵەیە لە ماوەی نێوان دوو کۆنفرەنسدا و بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنفرەنس لە هەموو چالاکییە سیاسی، تیۆری، رێکخراوەیی و پێشمەرگەییەکانی کۆمەڵەو گەشەپێدانیان.

٢/٦/٨ کۆمیتەی سەرکردایەتی لە کۆنفرەنس هەڵدەبژێردرێت، لە ٩ ئەندامی ئەسڵی پێکدێت و ٥ ئەندامی جێگری دەبێت.

٣/٦/٨ کۆمیتەی سەرکردایەتی بە لانی کەمەوە ساڵی ٤ جار کۆبونەوەی ئاسایی دەکا، بۆی هەیە ئەندامانی جێگر بەشداری پێ بکات بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

٤/٦/٨ کۆمیتەی سەرکردایەتی لە یەکەمین کۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا سکرتێرو دوو ئەندام بۆ پێکهێنانی ناوەندی کۆمەڵە هەڵدەبژێرێ.

٥/٦/٨ کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆی هەیە سێیەکی ئەندامەکانی خۆی هەڵپەسێرێ ئەگەر ئەرکەکانی ئەستۆیان جێبەجێ نەکرد یان لە پەیڕەوو پرۆگرامی کۆمەڵە لایان دا بە مەرجێك دووسێی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیار لەسەر ئەو هەڵپەساردنە بدەن.

٦/٦/٨ کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرپرسیارە لە دەرکردنی ئۆرگانی کۆمەڵە.

٧/٨ ناوەندی کۆمەڵە:

هەموو دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەیە لە ماوەی نێوان دوو کۆبونەوەدا، بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و راپەڕاندنی هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵەو رابەرایەتیی

خەباتی کۆمەڵە بە گشتی.
٨/٨ سکرتێر:
١/٨/٨ سکرتێر لێپرساوی یەکەمی کۆمیتەی سەرکردایەتییەو بە هاوکاریی کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵە.
٢/٨/٨ سکرتێر دەبێ ئاگاداری هەموو کاروبارێکی سیاسی و تیۆری و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و چالاکییەکانی تری کۆمەڵە بێت.
٣/٨/٨ نامە نوسین و ئامۆژگارییەکانی ناوەند بە ئیمزای ئەو یان هی یەکێك لە ئەندامانی ناوەند دەبێت.
٤/٨/٨ سکرتێر دەبێ ڕاپۆرتی گشتی دەربارەی باری گشتیی کۆمەڵە پێشکەش بە کۆنفرەنس بکات.
٥/٨/٨ بۆی هەیە سەرنجی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕابکێشێت بۆ هەڵە و کەموکوڕییەکانیان.
٩- پلینۆمی کۆمەڵە:
١/٩ پلینۆم کۆبونەوەیەکی فراوانە بۆ هەڵسەنگاندنی ئیش و کاری کۆمیتەی سەرکردایەتی یان بۆ داڕشتنی تاکتیکی نوێ و پڕکردنەوەی سێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان بۆ دیاریکردنی کاتی بەستنی کۆنفرەنس دەگیرێت.
٢/٩ پلینۆم پێکدێت لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و جێگرەکانی و نوێنەرانی ڕێکخراوەکان و کادیرە پێشکەوتووەکانی دەزگا سەرکردەییەکان.
٣/٩ پلینۆم ساڵی جارێك یان لە کاتی پێویستدا لەسەر داوای زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان داوای زۆربەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە دەبەسترێت.
١٠/ کۆنفرەنسی کۆمەڵە:
١/١٠ کۆنفرەنس بەرزترین دەسەڵاتە لە کۆمەڵەدا، بەرنامەی کۆمەڵە و پەیڕەوی ناوخۆ دەستکاری دەکات و دەیگۆڕێت، چارەنوسی کۆمەڵە دیاری دەکات، لە ئیش و کاری کۆمیتەی سەرکردایەتی و دەزگاکانی تری کۆمەڵە دەپێچێتەوە و بڕیاریان لەسەر دەدات، کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێتەوە، لە شکات و سکاڵا و داوا و ڕەخنە و پێشنیاری ئەندامان دەپرسێت.
٢/١٠ کۆنفرەنس پێکدێت لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و جێگرەکانی و کادیرە پێشکەوتووەکان و نوێنەرانی هەموو ئەندامان کە بۆ ئەو مەبەستە هەڵدەبژێردرێن.
٣/١٠ کۆنفرەنس لە هەلومەرجی گونجاودا بە دوو ساڵ جارێك و لە کاتی پێویستدا لەسەر بڕیاری پلینۆم، یان لەسەر داوای دوو سێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یان لەسەر داوای زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە دەبەسترێت.
١١- دارایی کۆمەڵە:
پێکدێت لە ئابوونەی ئەندامان و یارمەتیی دۆستان و پیتاك و داهاتی چاپەمەنییەکان و ئەو دەستکەوتانەی لە دوژمن بە دەست دەهێنرێن.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد
## پەسندکراوی کۆنفرەنسی دووەم
## (١٩٨٢)

بەشی یەکەم:
کرێکارانی دنیا، ئەگەرچی یەك ئامانجی کۆتایی و یەك دوژمنی سەرەکیی هاوبەش، لەسەر ئاستی شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهان یەکیان دەخا، بەڵام هەموویان لە یەك قۆناغی لەیەکچو و وەك یەك دا ڕووبەڕووی هەمان ئەرکی ڕاستەوخۆ نابنەوە. لەگەڵ جیاوازیی ئەو قۆناغە جیا جیا و ئەرك و فەرمانە ڕاستەوخۆ و جۆراوجۆرانەش دا، دوا ئامانجی هەموویان و جوڵانەوەکەشیان

ڕامالینی رژێمی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆسیالیزمە.

مارکسییە- لینینییەکان لە هەر جێگایەکی ئەم دنیایەدا بن هەڵگری بیرو بۆچوون و پارێزەری بەرژەوەندی و خواستی چینی کرێکاران و هەڵگری ئالای گۆڕان و گەشەپێدانی کۆمەڵەکانیانن بۆ هێنانە دیی ئەو ئامانجە گەورەیە کە دامەزراندنی سۆسیالیزمە.

مارکسییە- لینینییەکانی کوردستانیش هەمان دەورو هەمان ئامانجی گەورەی کرێکارانیان هەیە، کە بۆ پێشەوە بردنی کۆمەڵە تا دامەزراندنی سۆسیالیزم.

چینی کرێکار لە کوردستاندا لە چوار پارچەی وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراودا ئەژی کە: بەرامبەر کێشەی نەتەوایەتیی کوردستان، ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندیی چینایەتییان، لەم قۆناغەدا، خۆی لە رزگاریی نیشتمانی و ئازادیی یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا ئەنوێنێ. لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، یەك رژێمی سیاسی خۆی بەسەر بەشێکی نەتەوەی کورد لەگەڵ بەشێکی نەتەوەیەکی تر، یان لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی ترو چەند کەمە نەتەوەیەکی تردا سەپاندووە و لە چوارچێوەی یەك سیستەمی ئابووریی کۆمەڵایەتیی شێواو و ناموتەجانیسدا بە زۆری حوکمی دیکتاتۆری لە قاڵبی داون، بۆیە چینی کرێکار لە هەر بەشێکی کوردستاندا، ئەرکی هاوخەباتی و یەکێتیی تێکۆشانی لەگەڵ کرێکاران و چینە شۆڕشگێڕەکانی ئەو گەلانەی لەگەڵیاندا دەژی، ئەکەوێتە ئەستۆی، ئەبێ لە هەموو سەردەمێکدا هاوکاری و پشتیوانیی خۆی لە خەباتی پرۆلیتاریای ئەو گەلانەو جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەیان، لەپێناوی رزگاری و دیموکراسی و سۆشیالیزم دا جێبەجێ بکا.

یەکخستنی هەموو کرێکارانی سەرانسەری کوردستان لە چوارچێوەیەکی ستراتیجیی هاوبەشداو گرێدانەوەی خەباتی هاوبەش و یەکێتیی تێکۆشانی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ کرێکاران و کۆمەڵانی شۆڕشگێڕی گەلانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەبێتە هۆیەکی کاریگەر لە پێکهێنانی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی مەزن و کوردستانیش ئەکاتە قەڵایەکی شۆڕشگێڕانە لە ناوچەکەدا.

هەلومەرجە بابەتی و خۆییەکان لەکوردستان و ناوچەکەدا ئاراستەی ڕووداوەکان و ڕەوتی گۆڕان و گەشە کردنیان هەموو کرێکارانی کوردستان لە بەرانبەر یەك ئەرکی مێژوویی و ڕاستەوخۆدا یەك دەخا، ئەویش چارەسەرکردنی تەواوی کێشەی نەتەوایەتیی کوردە لەپێناوی تەواوکردنی ئەرکەکانی رزگاریی نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و درێژە پێدان و بەستنەوەشی بە شۆڕشی سۆسیالیستییەوە.

لە کوردستانی عیراق دا، کە لە ژێر دەستی رژێمێکدایە سروشتەکەی سەرمایەداری دەوڵەتە، بۆرجوازیی بیرۆکراتی تێیدا دەسەڵاتدارە، لە مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد دا رەگەزپەرستو لە مەسەلەی ئازادییە دیموکراتییەکاندا رەفتار فاشیستە.

بۆیە ڕامالینی دەسەڵاتی رژێمی سەرمایەداریی دەوڵەتی بورجوازیی بیرۆکرات لە کوردستانی عیراقدا و دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتی خەڵك ئەرکێکی شۆڕشی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانە. دەربازبوونی کوردستانی عیراق لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی، زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرکەوتنی تەواوەتیی شۆڕشی رزگاریی نیشتمانی خۆش دەکا.

به درێژایی ماوەی داگیرکردن و پارچە پارچە کردنی کوردستان و دیل کردن و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خەباتێکی بێ وچان و پڕ لە گیانبازییان دژی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی بۆ مافی ڕەوای خۆیان کردووە، بەڵام هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان بە ئاگرو ئاسن رووبەڕووی داواکارییان بونەتەوە، بە زەبری جەنگ و پەلاماردانی سەربازی سەرکوتیان کردوون و پەلاماری کوردستانیان داوە، کاولکردن و لەناوبردنیان خزاندۆتە هەموو گوندو شارو شارۆچکەیەکەوە، سامان و خێروبێری وڵاتەکەیان تالان کردوون، وەك هەموو داگیرکەرێك دڵیان بەئاوەدانیو سامان و مرۆڤەکانی کوردستان نەسوتاوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە ڕووی ئەو شێوە ڕەفتارەی داگیرکەراندا، لەبری هێرش و پەلاماردانی سەربازی و لەڕووی سیاسەتی توانەوەی نەتەوەی کوردو سڕینەوەی شوێنەواری نەتەوەیی کوردستاندا، هیچ دەرفەتێکی خەباتی دیموکراتییان بۆ نەماوەتەوە، ئەوسا ناچار بوون کە پەنا ببەنە بەر خەباتی چەکدارانە، بۆیە خەباتی چەکدارانە بۆتە شێوەی سەرەکیی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان.

سەرەڕای ئەوەی کە لە هەلومەرجی ئێستادا خەباتی چەکدار شێوەی سەرەکیی تێکۆشانە، بەڵام گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەرازووی هێزەکان لە هەر پلەیەکی دیاریکراودا شێوەی سەرەکی و شێوەکانی تری خەبات بڕیار دەدەن و دەگۆڕن و لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ لە خزمەتی بەجێهێنانی ئەرکی سەرەکی و ستراتیجی قۆناغەکەدا بێ.

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بەپێی جیهانبینیی مارکسیزم- لینینیزم لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی بزوتنەوەی بابەتیی واقیعی مەلموسی گەلی کوردستان و بەرژەوەندیی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ناوچەکە دژی ئیمپریالیزم بەرنامەی خۆی بۆ ئەم قۆناغە دائەڕێژێ، بە بێ ئەوەی ڕێگە بدا سیاسەتی کلکایەتیی ئیتیجاهە جۆراوجۆرەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهان راستییەکانی لێ ئاوەژوو بکاتەوەو سەربەخۆیی سیاسی و ئایدیۆلۆجیی پێ لەدەست بدا.

بۆیە خۆبەستنەوە بە سەرەتاو راستییە گشتییەکانی مارکسیزم- لینینیزم و جێبەجێ کردنی خولقێنەرانەی لە هەلومەرجی دیاریکراوی کوردستان دا بەردی بناغەی سیاسەتی دروست و دژایەتی کردنی هەموو لادانێکی ریڤیژیونیستی و دۆگماتیستی و تەجروبەگەری دەبێ.

بەشی دووەم:

١/١کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوەو کورد نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراو و ژێردەستەیە، لە ئەنجامی دابەشکردنەوەی دنیا لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان دا، پاش یەکەمین جەنگی جیهان بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا (تورکیا، ئێران، عیراق، سوریا) دابەش کراوە، هەر پارچەیەکیشی بە زۆر لکێنراوە بە یەکێك لەو دەوڵەتانەوە.

٢/١داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و زەوتکردنی هەموو مافە رەواو دیموکراتییەکانی گەلەکەی و سەپاندنی سەختترین شێوەی چەوسانەوەو ئازاردانی چینایەتی و نەتەوایەتی بەسەریدا گەورەترین هۆی پاشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوریی گەلی کوردستانە و ڕێگەی گەشەکردنی لە هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان گرتووە، بۆتە مایەی شێواندنی ئەو گەشەکردنە نائاساییە لاوازەش کە بە درێژایی ئەو ماوەیە رووی داوە.

٣/١ داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و پاشکەوتنی کۆمەڵی کوردستان نەخشەیەکی ئیمپریالیزمە، پێچەوانەی ویستی نەتەوەی کوردو بەرژەوەندیی ئەو گەلانەشە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە بە زۆر پێوەیان لکێنراوە، هەروەك هۆیەکی گرنگی شێواندنی زەمینەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیشیانە و هۆیەکی نائارامیی ناوچەکە و دەستتێوەردانی ئیمپریالیزمە لە کاروباری ئەو گەلانە و لە جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانیشدا.

١/٢داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و کەرت و پەرت کردنی نەتەوەی کورد نەیتوانیوە بە تەواوەتی بەشەکانی کوردستان و کۆمەڵەکەی لە یەك دابڕێ، واقیعی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیی تەواو جیاواز و لە یەکتر دابڕاو پێك بهێنێ، بەڵکو ئەو سیاسەتە هاوبەش و لەیەکچوەی کەداگیرکەران لە دژی نەتەوەی کورد پیڕەوی دەکەن، چەوسانەوەو پاشکەوتنی بەسەردا دەسەپێنن، نەك توانای لە یەکتر ترازانی پارچەکانی نەبووە، بەڵکو توانای تێکەڵکردن و یەکخستنی ئەو بەشانەی کوردستانیشیان نەبووە لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکاندا.

٢/٢ لە داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتیی کورد و لە بەربەرەکانێ و بەرهەڵستیی خەڵکی کوردستان دژی ئەو چەوساندنەوەیە، لە ئەنجامی پێداویستیەکانی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازانە لە هەناوی کۆمەڵی کوردستان دا پەیدا بووە، چەندەها سەردەمی هەڵچوون و نیشتنەوەی بەخۆیەوە دیوە بەبێ ئەوەی لە بزوتن بکەوێ تا بووە بەجوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی مێژووکرد.

٣/٢ جوڵانەوەی مێژوویی هەناوی کۆمەڵی کوردستان، ڕووی لە چارەسەرکردنی تەواو و بنەڕەتیی کێشەی نەتەوایەتیی کوردستانە کە پارچە پارچە ناکرێ و چارەسەرکردنی لە تەنها ناوچەیەکدا مانای چارەسەرکردنی بنەڕەتیی تەواو ناگەیەنێ و ئامانجەکانیشی جێ بەجێ ناکات.

٤/٢ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی نەتەوایەتیی کوردستان، بە سەربەستیی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا دەکرێ کە ئەویش خۆی لە رزگاریی نیشتمانیی کوردستاندا دەنوێنێ و ئەبێتە هۆی ئەوەی:

١/٤/٢ زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرەو سۆسیالیزم لەکوردستان پەیدا بکا.

٢/٤/٢ کارکردنی چینایەتی بەشێوەیەکی لەبارتر بڕەخسێ بۆ خەملینی خەباتی چینایەتی و بەئاشکرا کەوتنە سەر شاڕێی بەرەو پێشەوە چونی خۆیی و سەرکەوتنی چینی کرێکار و بەدیهاتنی دوا ئامانجی کرێکارانی کوردستان.

٣/٤/٢ دەسەڵات و قەڵەمڕەوی بۆرجوازی لەو وڵاتانەدا کە نەتەوەی کوردیان بە سەردا دابەشکراوە لاوازتر ببێ، هەروەها ئەو پایەگاو دەسەڵاتانەش بلەقێنێ کە ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکان لە ناوچەکەدا بەسەر کوردستاندا سەپاندویانە.

٤/٤/٢ هۆ و بیانویەکی زل بۆ دەستێوەردانی ئیمپریالیزم و لوت ژەنینیان لە کاروباری ئەو گەلانەدا نەهێڵێ.

٥/٤/٢ گەلانی ناوچەکە لە کێشەیەکی قوڵ لەگەڵ کرێکارانیان لەهاوبەشی کردن لەئازاردان و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد دەرباز بکا. هەلومەرجێکی لەبارتریش بۆ سەرکەوتنی جوڵانەوەی دیموکراتی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی ئەو گەلانە بەرەو سۆسیالیزم خۆش بکا.

٦/٤/٢ چارەسەر کردنی گیروگرفتی نەتەوایەتیی کورد کلیلی گۆڕانێکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باری ناوچەکە بە قازانجی گەلان و شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان ئەگۆڕێ.

٥/٢ رزگاریی نیشتمانی کوردستان و سەربەستیی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆیدا، کە مافێکی ڕەوا و ئاسایی هەموو نەتەوەیەکی ژێردەستە، نەك هەر پێچەوانەی بەرژەوەندی و پاشەڕۆژی گەلانی ناوچەکە بەگشتی و کرێکاران بەتایبەتی نییە، تا ببێتە هۆی ناکۆکی و ناتەباییان، بەڵکو هۆیەکی کاریگەر ئەبێ لە بەتین کردنی یەکێتیی تێکۆشان و هاوخەباتیو پشتیوانیکردنی یەکتری لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و لەپێناوی رزگاری و دیموکراسی و سۆسیالیزمدا.

٦/٢ جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان لەپێناوی رزگاری و دیموکراسی و پێشکەوتنی نەتەوایەتیدا بەرە و سۆسیالیزم ئەڵقەیەکی لەپساندن نەهاتووی شۆڕشی رزگاریی گەلانی رزگاریخوازی دنیایە، کەبەشێکی گرنگی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان پێك ئەهێنێ. بەشداری کردنی کاریگەر و رابەرایەتی کردنی ئەو جوڵانەوەیە لە لایەن کرێکارانەوە نوێنەرەوەی گیانی راستەقینەی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریایە لەسەر زەمینی کوردستان.

١/٣ قۆناغی خەباتی ئێستای کوردستان، قۆناغی رزگاریی نیشتمانیی دیموکراتییە، چونکە کورد وەکو نەتەوەیەکی ژێردەست و پارچە پارچەکراو، کوردستانیش وەکو نیشتمانێکی داگیرو دابەشکراو، جوڵانەوە مێژووییەکەیو بەرەو پێشەوە چوون و گۆڕان و گەشەکردنی، لە ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و ئازادیی یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراسیدا بەرەو سۆسیالیزم، خۆی دەنوێنێ.

٢/٣ ئامانجی قۆناغەکە، رزگاریی نیشتمانیی کوردستان و دابین کردنی دیموکراسی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بردنێتی بەرەو سۆسیالیزم.

٣/٣ چینی کرێکار هێزی سەرکردەو جەماوەری رەنجدەرانی کوردستان هێزی بنچینەیی جوڵانەوەکەن.

٤/٣ هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جوتیاران بناغەی هاوپەیمانێتییەکی فراوانتری بەینی ئەوان و بۆرجوازیی بچوکی شارو کرێکارو توێژی پێشکەوتوخوازی بۆرجوازیی نیشتمانییە.

٥/٣ گورزی سەرەکیی خەبات ئاڕاستەی داگیرکەران و ئیمپریالیزم و نۆکەرانیان ئەکرێ، لەپێناوی هێنانە دیی ئامانجی گەورەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان و یەکگرتنەوەو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەرەو سۆسیالیزم.

١/٤ بەهێزکردنی پەیوەندیی هاوخەباتی و هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان بەگشتی و لەگەڵ رێکخراوە مارکسییە لینینییەکاندا بەتایبەتی لە چوارچێوەی ستراتیجێکی هاوبەشدا و هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی ئەو هاوخەباتییەی نێوان مارکسییە-لینینییەکانی سەرانسەری کوردستان بەرەو چەسپاندنی دەوری مێژوویی چینی کرێکار لە سەرکردایەتی کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا لەپێناوی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و بردن و گەیاندنی بە سۆسیالیزم.

٢/٤ بەهێزکردنی هاوکاری و یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ جوڵانەوەی چینی کرێکار و هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکانی عەرەب و گەلانی تورکیا و ئێران بەگشتی و عیراق بەتایبەتی. برایەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەو هێزانە و کەسە نەتەوایەتییەکان، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهاندا، لەپێناوی رزگاری و دیموکراسی و سۆسیالیزمدا.

## پاشکۆی ژماری ٣

## بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی
## (پەسندکراوی کۆنفرەنسی دووەم)

ئازادییە دیموکراتییەکان:

١/١ هێنانە دیی ستراتیجی ئەم قۆناغە و ئەرکەکانی، بەبێ خستنە کاری وزەو توانای هەموو جەماوەری گەلەکەمان و بە بێ دابین کردنی ئازادی بۆ کۆمەڵانی خەڵك و بەبێ بوونی هێزی پێشمەرگە کە پارێزەری قازانج و دەستکەوت و ئازادییەکانی گەلە، کارێکی مەحاڵە.

٢/١ خۆشکردنی زەمینەی ژیانی دیموکراتی و ئازادیی فیکر، ئازادیی ویژدان و دەربڕینی بیروباوەڕ، ئازادیی رۆژنامەنوسین، ئازادیی خۆڕێکخستنی سیاسی، نەقابی، کۆمەڵەی جوتیاران، رێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکانی خوێندکاران، ئافرەتان، مامۆستایان، لاوان و ئازادیی پێکهێنانی کۆمەڵەو یانەی هونەرمەندان و ئەدیب و نووسەران و وەرزشکاران.

٣/١ ئازادیی خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ کرێکاران و جوتیاران و کۆمەڵانی خەڵك.

١/٢دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاوایی لە هەموو لادێ و گوندێکدا و ئەنجومەنی شار لە هەموو شارو شارۆچکەیەکدا، بە ڕێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەربەست و نهێنی، بە بەشداریی هەموو ئافرەت و پیاوێکی بەرەو ژووری ١٨ ساڵ، بە بێ جیاوازیی رەگەزو زمان و دین، دوور لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی مەرکەزی.

٢/٢ ئەنجومەنەکانی ئاوایی و شارەکان، کاروباری کۆمەڵایەتی، ئابووری، کارگێڕیی ئاوایی و شارەکانی خۆیان دەگرنە ئەستۆ و سەرپەرشتیی بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی ناوچەکانی خۆیان دەکەن لە چوارچێوەی پلانی گشتیی وڵات دا.

سەرۆکی شارەوانی و کرێکارو بەڕێوەبەرەکانی شارەکان بە ڕێگەی هەڵبژاردن دائەنرێن و لە کاتی سەرپێچی و دوورکەوتنەوەیان لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵك و لە رێبازی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی کوردستان بەرەو سۆسیالیزم جەماوەری گەل بۆیان هەیە لێیان بخەن.

١/٤ئەنجومەنی گەلی کوردستان بەرزترین دەسەڵات ئەبێ لە کوردستاندا، بە ڕێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆو سەربەست و نهێنی، بە بەشداربوونی هەموو ئافرەت و پیاوێکی بەرەو ژووری ١٨ ساڵ بە بێ جیاوازیی رەگەز و زمان و دین پێك دەهێنرێ، ئەنجومەنی جێبەجێکردن لە لایەن ئەنجومەنی گەلی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێ و هەڵدەوەشێنرێتەوە.

١/٥دادوەریی سەربەخۆو دوور لە دەستێوەردانی دەسەڵاتەکانی تر دەبێ.

١/٦ دابین کردنی مافە دیموکراتی و رۆشنبیرییەکانی کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستان و خۆشکردنی زەمینەی پاراستنی ماف و زمان و نەریتە نەتەوایەتییەکانیان.

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:

١/١دابین کردنی خانووبەرە بۆ هەموو خێزانێك، بە کەمترین رادەی کرێ خانوو بەگوێرەی دەستکەوتی مانگانەی هەر خێزانێك، بە بێ ئەوەی رێگە بدرێ خاوەنێتیی خانووبەرە بۆ چەوسانەوەی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان بەکار بهێنرێ.

٢/١دابین کردنی ئاوو کارەباو تەلەفۆن و تەلەگراف، زێراب و رێگاوبان و هۆکانی هاتوچۆ بۆ هەموو شارو شارۆچکەو ئاواییەك بە ڕادەی پێویست.

٣/١دابین کردنی تیمارگە و نەخۆشخانە و دەرمانی پێویست بە نرخێکی هەرزان بۆ هەموو ئاوایی و شارێکی کوردستان و بۆ هەموو هاووڵاتییەك، پەیدا کردنی

پزیشك و پسپۆری شارەزای تەندروستی و پەروەردە کردنی پسپۆرو شارەزای کوردەواری بۆ خزمەتی هاووڵاتییان و گەشەپێدانی باری تەندروستی.

١/٢دابین کردنی کار بۆ بێکاران، زامن کردنی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران، دابین کردنی ژیان و گوزەران بۆ پێشمەرگەو پەککەوتەکانیان و مشوور خواردنی سەقەت و پەکەوتەکانیان، دابین کردنی ژیان و گوزەران بۆ خێزانی شەهیدان.

١/٣دابین کردنی خوێندن بەخۆڕایی لە هەموو پلەیەکی خوێندندا بۆ هەموو خوێندکارێکی کوردستان و دابین کردنی خوێندنی ئیلزامی بۆ هەموو کوڕو کچێکی کوردستان تا کۆتایی پلەی سەرەتایی، دابین کردنی مەڵبەندی خوێندەواری و فێرکردن لە هەموو ناوچەیەکدا.

٢/٣گرنگیدان بە بەرنامەکانی خوێندن و پەروەردە، بە جۆرێکی وەها لەگەڵ جێبەجێ کردندا گونجاو و جووت بێ و لە واقیع و لە مومارەسەی عەمەلی دانەبڕێ، هەروەها لایەنی زانستیو قوڵ کردنەوەی شێوازی زانستی نەکرێتە قوربانی لایەنەکانی تر. سەرجەم بەرنامەو پراکتیك لە خزمەتی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراسی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا بێ بەرەو سۆسیالیزم.

٤-ئافرەت کە نیوەی کۆمەڵەو دەورێکی بنچینەیی لە پەروەردەکردنی رۆڵەکانی کوردستاندا دەگێڕێ، تا ئێستا لە بوارە جۆراوجۆرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتییەکاندا جێگەی ئاسایی خۆی نەگرتووە. کۆمەڵە لەو روانگەیەوە کەئافرەت و پیاو، دەورو کارو خەباتیان بە یەکسان تەماشا دەکا:

١/٤ دابین کردنی ئازادیی ئیش کردن لە هەموو کارێکی سودبەخش و گونجاودا، لە هەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵ دا بە بێ جیاوازی، بە مەرجێ ئافرەت دووچاری کاری سەخت و گرانی وەها نەکرێ کە توانای جەستەیی زۆری بوێ.

٢/٤یەکسانیی ژن و پیاو لە بەرامبەر هەموو مافێکی قانوونیدا.

٣/٤ئازادیی پێکەوەنانی خێزان و هەڵبژاردنی هاوسەر پاش تەمەنی ١٨ ساڵ.

٤/٤هەوڵدان بۆ رێگەگرتن لە فرە هاوسەری.

٥/٤یەکسانیی ئافرەت و پیاو لە مەسەلەی تەڵاق و خەرجیی منداڵدا.

٦/٤چاودێری و یارمەتیدانی ئافرەتی دوگیان و دورخستنەوەیان لەکاری قورس و دابین کردنی ١٦ هەفتە پشودان بە موچەی تەواوەوە بۆیان بە لای کەمەوە.

٧/٤مشوورخواردنی دایکان، هەم لە پشووپێدان و هەم لەکەم کردنەوەی یەك سەعات رۆژی کاردا.

١/٥مشوورخواردنی ساوایانی کوردستان و قەدەغە کردنی ئیش کردن بەو هەرزەکارانەی کە تەمەنیان لە ١٦ ساڵ کەمترە.

٢/٥دابین کردنی مەڵبەندی ئاگاداری کردن و بەخێوکردنی ساوایان بەڕادەی پێویست.

٣/٥ئاگاداری کردن و مشوورخواردنی منداڵانی کوردستان و پەرەپێدانی ئاستی زانستی و هوشیارییان و دابین کردنی باخچەی ساوایان بۆ خوێندن و خۆشیی هەموو ساوایانی کوردستان بە بێ جیاوازی.

١/٦دابین کردنی یانەی زانستی و کۆمەڵایەتی بۆ لاوانی کوردستان.

١/٧گەشەپێدانی فەرهەنگی کۆمەڵی کوردستان بە شێوەیەك کە هەم تاودانەوەیەکی تەواوی رێبازی رزگاری و دیموکراسی و سۆسیالیزم بێ لە کوردستاندا، هەم زەمینە خۆشکەری هێنانە دی و دامەزراندنی بێ.

٢/٧گرنگیدان بە ئێستگەو تەلەفیزیۆن و شانۆو هونەرە جوانەکان و سینەماو رۆژنامەگەری و

پەرەپێدانیان.

٣/٧پاراستنی سامان و فەرهەنگی نەتەوایەتی و شوێنەوارە کۆنینەکان و پاشماوە کۆنەکان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی باقی پاشماوەو شوێنەوارە مێژووییەکان و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی مۆزەخانەی کوردستان.

٤/٧کۆکردنەوەو بلاوکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیی جۆراو جۆرو پاراستنی لە فەوتان و لەناوچوون.

ئاوا کردنەوەی کوردستان:

-١-

بۆ ئەوەی ژیانی دانیشتوانی دێهات بە جۆرێکی ریشەیی لە هەموو روویەکەوە بگۆڕێ و بنچینەکانی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە هەڵتەکێ و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی بۆ پێشەوە ببرێ و ژیانێکی نوێ لە دێهاتدا دابمەزرێنرێ، پێویستە پلانێکی نوێ دابنرێ بۆ ئاواکردنەوەو گەشەپێدانی سەرلەنوێی گوندەکانی کوردستان بە جۆرێکی ئەوتۆ کەئەو گۆڕانە ریشەییە دابین بکا بەوەی:

١-لە ناوچە دێهاتییەکاندا پلان دابنرێ بۆ دروستکردنی ئاوایی نوێی گەورە لەو گوندە بچوکانەی لە نزیك یەکن.

٢-ئاواییەکان لە شوێنی لەبارو گونجاودا بە ڕەچاوکردنی باری جوگرافیی ناوچەکە دروست بکرێن.

٣-هەر ئاواییەك پێك بێ لە ٣٠٠-٥٠٠ ماڵ.

٤-لە هەر ئاواییەکدا ئەنجومەنێك بە هەڵبژاردنی ئازاد و نهێنیی ئافرەت و پیاوی بەرەو ژووری ١٨ ساڵ پێك بهێنرێ.

٥-ئەنجومەنی ئاوایی ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی ئاواییەکە ئەگرێتە ئەستۆ.

٦-هەر ئاواییەك قوتابخانە، جێگەی عیبادەت، تیمارگە، مەڵبەندی بەیتەری، هۆڵی کۆبوونەوە، وەحدەیەکی میکانیکی (تراکتۆر، دەڕاسە، بلدۆزەر، شۆفل..) پۆستە، پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو ئاودێران، پرۆژەی کارەبا، بازاڕو هەندێ شاڕێی بۆ دابین بکرێ.

٧-هەموو ئاواییەك مەڵبەندێکی دیفاعی زاتی لە خەڵکی چەکدارکراوی ئاواییەکە تیدا دابمەزرێ.

٨-ئەنجومەنی ئاوایی سەرلەنوێ زەوی و زارو پوش و پاوان و جۆگاو کانیاوەکانی ئاوایی دابەش دەکاتەوە بەسەر جوتیارانی ئاواییەکەدا.

٩-ئەو کەسانەی لەبریتیی زەوی وزارو ڕەزو باخی خۆیان پارەیان لە دەوڵەت وەرگرتووە، مڵکەکەیان دەبێتە مڵکی گشتیی ئاواییەکە.

١٠-زەوی و زارو کانی و پوش و پاوانی ئەو جوتیارو موڵکدارانەی کەئاواییەکان بەجێ ئەهێڵن و ئەچن لە شارەکان نیشتەجێ ئەبن، ئەبێتە موڵکی گشتیی ئاواییەکە.

١١-گرنگی دان بە بلاوکردنەوەو پێڕەوکردنی ڕێگەی زانستیی کشتوکاڵ لە تۆو وەشاندن و پەروەردەکردن و هەڵگرتن و گواستنەوەی بەروبوومدا، بەکارهێنانی کۆدی کیمیایی و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کشتوکاڵ و هاندانی جوتیاران بۆ داهێنانی ڕێوشوێنی نوێ.

١٢-هەوڵدان بۆ ماکینەکردنی کاروبارە جیاجیاکانی کشتوکاڵ و دابین کردنی ماکینەی پێویست بە ڕادەی تەواو بۆ ئەو مەبەستە.

١٣-لە هەر ئاواییەکدا بەگوێرەی ئەو کەرەستە خاوانەی تێیدایەتی هەوڵ بدرێ بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی کشتوکاڵی (دۆشاو، کەلوپەلی لۆکە، رۆن، موعەلەبات (کردنە قوتو)، کاغەز، شەربەت..)و پیشەسازی حەیوانی (کیمیایی، کەلوپەلی چەرمین، کەلوپەلی خوری، کود، ئالیك، موعەلەبات...).

١٤-خۆشکردنی زەمینەی پێکهێنانی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران و هاندانی جوتیاران بۆ

پێکهێنانی کێڵگەی بەکۆمەڵ لەو ئاواییانەدا.

-٢-

حکومەتی عیراق لە ڕوانگەیەکی رەگەزپەرستانەوە بەشێکی زۆری گوندەکانی کوردستانی راگوێزاوە بە نیازی ئەوەی کوردستانی عێراق لە پارچەکانی تری کوردستان داببڕێ و یەکێتیی نەتەوەیی کورد کەرت و پەرت بکا و هەلومەرجێکی دژوار بۆ جولانەوەی رزگاریی نیشتمانی و هێزی پێشمەرگە ساز بکاو سەدان هەزار جوتیاری لە زەوی وزاری خۆیان لە کارو بەرهەم هێنان دوور خستۆتەوەو لە ئۆردوگای زۆرەملێ و سەربازیدا کۆی کردونەتەوە. بۆیە دەبێ خەبات بکەین:

١-بۆ گێڕانەوەی دانیشتوانی دێهاتە چۆڵکراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان.

٢-لە سەرانسەری ناوچە راگوێزراوەکاندا ئاوایی نوێی گەورە دابمەزرێ کە پێك بێ لە٣٠٠-٥٠٠ ماڵ بەپێی ئەو رێوشوێنانەی بۆ ئاواییەکانی تر دانراون.

٣-بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی سەرچاوەکانی ئاوو جۆگا و سوود وەرگرتنی زانستی و نوێ لەو سەرچاوانە.

١/٣دروستکردنی بەربەستی ئاو لەسەر رووبارە بچوك و گەورەکان کە هەم بۆ ئاوداشتنی کشتوکاڵ سوودی لێ وەربگیرێ هەم بۆ دامەزراندنی ئیستگەی کارۆ ئاوی، بۆ دابین کردنی کارەبا بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.

٢/٣دروستکردنی ئەستێلی گەورە بۆ کۆکردنەوەو هەڵگرتنی ئاوی زستانە لەو شوێنانەدا کەئاوی زۆری تیا کۆ دەبێتەوە.

٣/٣گرنگیدان بە هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی.

١/٤گرنگیدان بە دامەزراندنی پیشەسازیی کشتوکاڵی و کردنەوەی کارگەی بچوك بۆ هاندان و گەشەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی پیشەسازیی حەیوانی بۆ هاندان و گەشەپێدانی سامانی ئاژەڵی و هاندانی خەڵکی دێهات بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ.

٢/٤دامەزراندنی مەڵبەندی جۆراوجۆری هۆشیارکردنەوەو رێپیشاندانی جوتیاران لە بەکارهێنانی رێوشوێنی کەرەستەی نوێ و زانستی کشتوکاڵدا.

٣/٤ گرنگی دان بە زیادکردن و پەرەسەندنی رەزو باخ و بێستان و پەروەردەکردن و پارێزگارییان بە رێوشوێنی زانستی.

٤/٤ گرنگی دان بە بەخێوکردنی باڵندەو پڕۆژەی دەواجن

٥/٤هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی رێوشوێنی زانستی لە بەخێوکردنی هەنگ و پەرەپێدانیدا.

٦/٤پاراستن و سوود وەرگرتنی زانستی لە جەنگەڵ.

-٣-

گەشەپێدانی پیشەسازی لە کوردستاندا، لە توانای مرۆیی و سامانی سروشتی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و رادەی کەڵەکەبوونی سەرمایەوە دەست پێ ئەکا. لە پیشەسازیی سوك و تایبەت بە دابین کردنی پێویستییەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵك بەرەو پیشەسازیی ناوەنجی و ئەنجا قورس.

١/١گرنگیدان بەپیشەسازیی کشتوکاڵ و پیشەسازیی ئاژەڵ بە شێوەیەکی فراوان.

٢/١گەشەپێدانی پیشەسازیی کەرەستەی خانووبەرە کە هەم کەرەستە سەرەتاییەکانی لەکوردستاندا زۆرن، هەم ئاوەدانکردنەوەی وڵات و گەشەکردنی شارستانی پێویستی بەو جۆرە کەرەستەیە زۆرە. دابین کردنیشی باری خەرجیی وڵات سوکتر دەکا.

٣/١دامەزراندنی کارگەو پڕۆژەی پیشەسازیی کشتوکاڵی و حەیوانی و مەعدەنی لە نزیك مەڵبەندەکانی خۆیانەوە.

١/٢کوردستان وڵاتێکە سامانێکی ژێرزەمینیی

زۆری لە پترۆڵ و گازی سروشتی، خەڵووزی بەردین، ئاسن، مس، فۆسفات، گۆگرد، یۆرانیۆم،... هەیە، بۆیە دەبێ گرنگییەکی تایبەتی بدرێ بە پیشەسازیی دەرهێنانی ئەو کەرەستە ژێرزەمینیە، بە مەرجێ بەڕادەی پێویست دەرهێنانی لە سنووری پێویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵ تێپەڕ نەکا.

٢/٢دابین کردنی تۆڕێکی ڕێگاوبانی هاتوچۆ، بۆ جێبەجێ کردنی هێنان و بردنی پێویستییەکانی گەشەکردنی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازاڕ و بازرگانی.

٣/٢ گرنگیدان بە پیشەسازیی ئاسن و مس و گۆگردو پیشەسازیی پترۆکیمیایی و دابین کردنی پێویستییەکانی پرۆژەی گەورەو قورسی پیشەسازی لەو بوارانەدا، کەڵك وەرگرتن بۆ مەبەستی سەرکەوتنی ئەو پرۆژە گەورانە لە باشترین جۆری تەکنەلۆجیا و شارەزایی بێگانە.

١/٣دانانی نەخشەیەکی ڕێکوپێکی مەرکەزی بۆ هاوتاکردنی پیشەسازیی سوك و ناوەنجی و قورس، بەبێ فەرامۆش کردنی بناغەیەکی پیشەسازیی ئەوتۆ کە دامەزراندنی سۆسیالیزم ئاسان بکا.

٢/٣هاندان و بەگەڕخستنی هەموو وزەو سەرمایەیەکی نیشتمانی لەپێناوی گەشەپێدانی ئابووریدا.

٣/٣پەروەردە کردنی کادیری هونەریی شارەزا لە هەموو ئاستێکدا و سوود وەرگرتنیش لە شارەزایی و تەکنەلۆجیاو توانای باش و پێشکەوتووی بێگانە.

١/٤هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بانکێکی مەرکەزی لە کوردستاندا، بەستنەوەی بانکەکانی کەرتە ناوچەییە جۆراوجۆرەکان پێوەی و جێبەجێ کردنی ئەرك و فەرمانە مەسرەفی و داراییەکان لە ڕێگایانەوە، هەروەها ڕێکخستنی ئەرکی تەسلیفی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی بەو هۆیەوە.

١/٥پێڕەوکردنی نەخشەیەکی دارایی ئەوتۆ کە وڵات لە گیروگرفتی مالی و شکست و و نەتوانایی دارایی بەدوور بگرێو سیاسەتێکی تایبەتی باجی ئەوتۆ کە بەشداریی دووبارە کۆکردنەوەی دەستکەوت بکات.

١/٦پێڕەوکردنی نەخشەیەکی بازرگانیی ناوخۆ کە گونجاوی و هاوئاهەنگیی ئابووریی نێوان هەرێمە جۆراوجۆرەکان زامن بکات.

## کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان


کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤ لە هەواری کانی سێوی بناری چیای پیرەمەگرون لە دۆڵی مێرگەپان بەستراوە. ئەو شوێنەی کۆنفرەنسەکەی لێ بەستراوە، هەمان ئەو شوێنەیە کە لە مانگی تەموزدا کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی لێ بەسترابوو بەڵام کۆنفرەنسەکەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بە پێچەوانەی کۆنفرەنسەکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە بە ئارامیو تەبایی بەڕێ کرا و هیچ کێشەیەکی لێ نەکەوتەوە.

بەشێکی گرنگی گفتوگۆکانی ناو کۆنفرەنسەکە بۆ مشتوماڵ کردنی شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕێکخراوەیی تەرخان کرا، سەرباری تەرخان کردنی بەشێکی تری گرنگی گفتوگۆکان بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەی ئاگربڕو دانوستانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق، هەڵسەنگاندنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جود و کاریگەرییەکانی بەردەوامبونی شەڕی عیراق- ئێران لەسەر ڕەوشی ناوچەکە.

کۆنفرەنس جەختی کردەوە سەر بنەما شۆڕشگێڕیو پێشکەوتنخوازە پیادەکراوەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەوانە جەخت کردنە سەر «ئاراستەی سۆسیالیستی» و «بەدی هێنانی مافی چارەنوس بۆ گەلی کوردستان» و «خەبات کردن لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان لە پێناوی دانانی ستراتیجێکی هاوبەش بۆ گەیشتن بە مافی چارەنوس بۆ نەتەوەکەمان» و «بەرهەڵستی کردنی ئیمپریالیزم و دەستەو دایەرەکانی لە ناوچەکەدا» و «دروست کردنی بزوتنەوەیەکی جوتیاری کە بتوانێ بەهۆیەوە پاشماوەی دەرەبەگایەتی لە کوردستان راماڵ بکرێو ریفۆرمێکی بنەڕەتیی زەوی ئەنجام بدرێو زەوی هی ئەو کەسە بێ کە دەیکێڵێ» و «لابردنی چەوسانەوەی ئافرەت». هەروەها کۆنفرەنس لە دیکۆمێنتە پەسندکراوەکانیدا جارێکی تر جەختی کردەوە سەر ئەوەی کەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان «چاکترین شێوەی پێکەوە گونجاندنی هێزە شۆڕشگێڕەکانە لە قۆناغی ئەمڕۆی کوردستاندا».

لە دوایین دانیشتنی کۆنفرەنسدا سەرکردایەتییەکی تازە کە دواتر دکتۆر فوئاد مەعسوم بووە سکرتێرەکەی، بۆ رێکخراوەکە هەڵبژێردرا و ئەندامەکانی لە نازم عومەر، پێشەوا تاڵەبانی، دکتۆر عومەر شێخموس، سەربەست بامەڕنی، عومەر عەزیز قادر و خدر مەعسوم پێك هاتبوو، سەرباری سێ ئەندامی دیکە کە وەك یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردران کە ئەمانە بوون: عەلی محەمەد ساڵح، عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمەی ناسراو بە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و محەمەد مەحمود ناسراو بە شێخ محەمەد سەرگەڵوویی.

## کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان


ئەی کرێکاران وگەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن!

پێڕەوی ناوخۆی

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

تەمووزی ١٩٨٤

کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە تەموزی ساڵی ١٩٨٤ لە مێرگەپان لە هەواری کانی سێوی بناری چیای پیرەمەگرون.

ئەم کۆنفرەنسە، جیاواز لە دوو کۆنفرەنسەکەی پێشوی کۆمەڵە، لە هەلومەرجی ئاشتیدا بەستراوە چونکە لەو کاتەدا رێککەوتنی ئاگربڕ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراقدا واژۆ کرابوو. لەم کۆنفرەنسەدا ٢٨٧ نوێنەرو ١١ ئەندامی چاودێر بەشدار بون. لەڕوی تەمەنەوە، ٤٤ ئەندامی کۆنفرەنسەکە لە نێوان ٢٠ ـ ٢٤، ١١٧ ئەندام لە نێوان ٢٥ ـ ٣٠، ٧٤ ئەندام لە نێوان ٣١ ـ ٣٥، ٢٤ ئەندام لە نێوان ٣٦ ـ ٤٠ و ١٨ ئەندام بەرەو ژوری ٤٠ ساڵ بون. لەڕوی کارو پیشەوە، بەشداربووەکان ٥٤ کرێکارو ٧ جوتیارو ١٦٧ موچەخۆرو ٤٩ خوێندکارو خاوەن پیشەی جیا جیاو ١٠ کاسبکاریان تێدا بوو، لەوانە پێنج ئەندام ئافرەت بون.

لە کردنەوەی کۆنفرەنسەکەدا تاڵەبانی وەك سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دکتۆر فوئاد مەعسوم وەك نوێنەری یەکێتیی

شۆڕشگێڕانی کوردستان، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو وەك نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئیبراهیم عەلیزادە وەك نوێنەری سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران وتاریان خوێندەوەو هەروەها نامەی پیرۆزبایی یەکێتییەکانی مامۆستایان و نوسەران و هونەرمەندانی کوردستان خوێندرایەوە.

بەشێکی زۆری بەرنامەی کارەکانی کۆنفرەنسەکە بۆ لێدوان و شیکردنەوەی بارودۆخی ناو کۆمەڵەو کێشە ناوخۆییەکان تەرخان کرا و لەگفتوگۆکاندا بنەما کلاسیکییەکانی گوتاری ئایدیۆلۆژیی ئەو سەردەمە دوبارە کرایەوەو جەخت کرایەوە سەر پێداویستییەکانی قۆناغی رزگاریی نیشتمانیو مێژوییبونی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردو تێکۆشان بۆ بردنی بەرەو سۆسیالیزم و هەروەها جەخت کرایەوە سەر چینی کرێکار وەك هێزی سەرکردەو جەماوەری رەنجدەران وەك هێزی بنەڕەتیی جولانەوەکە.

ئەم کۆنفرەنسە بە بەراورد لەگەڵ دوو کۆنفرەنسەکەی تری کۆمەڵە، زۆرترین کێشەی تێکەوت و خەریك بوو گرفتەکان بگەنە ئاستی لەتبون. لە رەوتی گفتوگۆکاندا کێشەی نێوان باڵی نەوشیروان مستەفاو باڵی ئەو گروپەی کە دواتر بە باڵی «ئالای شۆڕش» ناوی دەرکرد، تەقییەوە. توندیی روبەڕوبونەوەی نێوان هەردوو باڵ گەیشتە رادەی ئەوەی کە ئەندامانی رەوتە نارازییەکە هۆڵی کۆنفرەنس بەجێ بێڵن.


بۆ رێگرتن لە لەتبونی کۆمەڵەو جیابونەوەی نارازییەکان، ژمارەیەك کادیری کۆمەڵە کەوتنە ناوبژیوانیو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی دەریچەیەك بۆ دەربازبون لە تەقینەوەی ناکۆکییەکان. ئەوانەی ئەم رولەیان بینی، هەر یەک لە عومەر عەبدوڵڵا، حەمەی حەمە سەعید، قادر حاجی عەلی، خەسرەو خاڵ، دلێر سەید مەجید، ئازاد هەورامی، بەکر حاجی سەفەر و مستەفا چاوڕەش بوون. ئەم هەوڵە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هێورکردنەوەی دۆخەکە هەبوو تا ئەو کاتەی تاڵەبانی گەیشتە مێرگەپان.

لەگەڵ گەیشتنی تاڵەبانی، خولێکی تری هەوڵدان بۆ هێوکردنەوەی رەوشەکەو لێك نزیك کردنەوەی دوو لایەنە ناکۆکەکە دەستی پێ کردو بەو سەرەنجامە گەیشت کە گروپە نارازییەکە وازی لە بایکۆت کردنی کۆنفرەنس هێنا. رۆژی دواتر، کۆنفرەنس دەستی بە کارەکانی خۆی کردەوەو کەوتە تاوتوێ کردنی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەو هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراق. هەردوو مەسەلەش پڕ گرێوگۆڵ بونو رای جیاوازیان لەسەر دروست بوو بەڵام نەك تا ئەندازەی دروستبونی گێچەڵ. لەم سەروبەندەشدا کۆنفرەنس بریاری دروست کردنی دەزگایەکی نوێی بە ناوی دەزگای ناوەندی رۆشنبیریی کۆمەڵە دا.

لە دوایین رۆژی کۆنفرەنسدا لە ڕەوتی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی نوێدا هەندێ کێشە سەریان هەڵدا. کۆنفرەنس بریاری دابوو سەرکردایەتییەکی حەوت کەسی بە زۆرینەی رەها هەڵبژێردرێ. ئەمەش بەم واتایە دێ کە براوە دەبێ ٥١٪ی دەنگەکان بەدەست بێنێ. بەڵام کێشەکە لەوەوە دروست بوو کە ژمارەیەکی کەمی کاندیدەکان رێژەی خوازراویان بەدەست هێناو ئەمەش نارەزایی لێ کەوتەوە. بۆیە، لە بری ئەنجامدانی خولی دووەمی دەنگدان کە تێیدا براوەکان پێویستیان بە زۆرینەی ساکار دەبێ، نەوشیروان مستەفا پێشنیاری کرد خولی دووەمی هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێو ژمارەی دەنگەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە تا نۆ کاندید بەهەند وەربگیرێن. پاش ئەوەی کۆنفرەنس پێشنیارەکەی پەسند کرد، سەرکردایەتیی تازەی کۆمەڵە لەمانە پێك هات:

نەوشیروان مستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدوڵڵا، ئازاد هەورامی، کۆسرەت رەسول عەلی، قادر حاجی عەلی، دلێر ئەحمەد شوکری، جەبار فەرمان و مەلا بەختیار. چوار ئەندامیش بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی هەڵبژێردران کە ئەمانەن: حەسەن کوێستانی، عومەر فەتاح، خەسرەو خاڵ و محەمەد تۆفیق رەحیم.

## کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان




کۆنفرەنسی ٧ی ئایاری ساڵی ١٩٨١ی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. لە ژێر دروشمی «لەپێناوی پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵەو راپەڕاندنی جەماوەری گەلەکەماندا» بە ئامادەبونی ١٨٥ ئەندام کە نوێنەرایەتیی نزیکەی هەشت هەزار ئەندامی رێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەو کادیرەکانی دەرەوەی وڵاتیان کردووە، یەکەم کۆنفرەنسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بەسترا.

لەبەر چڕو پڕیی ئەجیندای ئامادەکراو، کۆنفرەنسەکە نزیکەی دوو هەفتەی خایاند. سەرەڕای ئەوەی کە کۆنفرەنسەکە لە دۆڵی مالیمۆس لە نزیك گوندی کانی زەردی ناوچەی سەردەشت لە کوردستانی ئێران دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، بەڵام بەشێکی دانیشتنەکانی کۆنفرەنسەکە لەمزگەوتەکەی کانی زەرد بەڕێوە چوو، دانیشتنەکانی کۆتاییش بۆ ناوزەنگ گوێزرانەوەو هەر لەوێش ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی ئاشکرا کرا.

کۆنفرەنسەکە لە هەلومەرجێکدا بەسترا کە ململانێی ناوخۆیی لە ناو کۆمەڵە زۆر پەرەی سەندبوو. لەم سۆنگەیەوە ململانێکە رەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر بەڕێوەچونو بڕیارو ئاکامەکانی کۆنفرەنسەکە هەبوو. بەڵام ئەم ململانێیە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنفرەنس نەبوو و لەم روەوە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نەهاتە ئاراوەو کەس تانەی لە شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامەکان نەدا و هیچ سکاڵایەکیش تۆمار نەکرا.

کۆنفرەنسەکە بە راپۆرتی سکرتێری کۆمەڵە نەوشیروان مستەفا دەستی پێکرد کە هەر لە سەرەتاوە رایگەیاند کە لەبەر ئەوەی راپۆرتەکە بەپەلە نوسراوەو فریای ئەوە نەکەوتووە پیشانی ئەندامانی سەرکردایەتیی بدا، ناوەڕۆکەکەی زۆرتر گوزارشت لە ڕاو بۆچونی خۆی دەکات. لە راپۆرتەکەدا باسی هەلومەرجی دامەزراندنی کۆمەڵەو قۆناغەکانی گەشە کردنی لە ماوەی نێوان ١٩٧٠ ـ ١٩٨١ کرابوو، سوکە ئاماژەشی بۆ ململانێیی ناوخۆ تێدا بوو. دواتر، دەست بە خوێندنەوەی راپۆرتەکانی کۆمیتەی

سەرکردایەتی، کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوخۆی ڕێکخستنی شارەکان، کۆمیتەی ڕاپەڕین، کۆمیتەی بەغدا، ڕێکخراوی لەیلا قاسم و ڕێکخراوی بادینان کرا و گفتوگۆیان لەسەر کرا.

بەشێکی گرنگی گفتوگۆکان بۆ پێداچوونەوەی رابردوی کۆمەڵەو روداوی هانا بردنی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٧٥و دەرکردنی ڕاپۆرتی شوبات لە ساڵی ١٩٧٦ تەرخان کرا. لە گێڕانەوەی روداوەکانو هێنانەوەی پاساودا ململانێی توند لە نێوان باڵی سەرکردایەتیی ماوەی نێوان ١٩٧٢ ـ ١٩٧٥ی کۆمەڵە، ناسراو بە باڵی گروپی زیندانو باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان هەبوو. کۆنفرەنس پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەم بارەیەوە، بە سەرزارەکی ڕەخنەی لەهەردوو باڵ گرت، بەڵام ڕەخنەکە نەخرایە سەر کاغەزو هیچ دیکۆمێنتێکی فەرمی لەبارەیەوە دەرنەکرا.

هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی نوێ لەسەر داوای ڕێکخستنەکانی شار پێش خرا چونکە ئەو ئەندامانەی لە شارەکانەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرەنس هاتبون، نەیاندەتوانی زۆر بمێننەوە، بە تایبەتی کە زۆربەیان خوێندکارو فەرمانبەر بونو مانەوەیان بە درێژایی ماوەی کۆنفرەنس مەترسیی ئاشکرابونی لێ دەکرا. پێشخستنی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی نوێ ئەگەرچی گەرم و گوڕیی گفتوگۆکانی کەم کردەوە، بەڵام تا ئەندازەیەکیش بووە مایەی خاوکردنەوەی توندوتیژیی ناکۆکییەکان.

لەگێڕانەوەی مێژوی دامەزراندنی کۆمەڵەدا، کۆنفرەنس ئەو گێڕانەوەیەی پەسەند کرد کە کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠ لە یەکگرتنی سێ گروپەکەی جەلال تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفا و شەهاب شێخ نوری پێك هێنراوە.

ململانێی باڵەکان زۆرتر لە مەسەلەکانی تایبەت بە ناوی کۆمەڵەو ئایدیۆلۆژیای فەرمیو شێوەی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕەنگی دایەوە. لە مەسەلەی ناودا، باڵی نەوشیروان مستەفا و باڵی گروپی زیندان لەگۆشە نیگای کوردستانیبونی کۆمەڵەوە جەختیان لەسەر قرتاندنی پاشگری «عیراق» دەکردەوەو پشتگیریی ئەوەیان دەکرد کە ناوەکە «کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان» بێ، لە کاتێکدا باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان لایەنگری ئەوە بوو پاشگریی «عیراق» نەقرتێنرێ بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێبازی کوردستانیبونی کۆمەڵەشی ڕەت نەدەکردەوە. لە دەنگدانی کۆتاییدا کۆنفرەنس بە زۆرینەی دەنگ پشتگیریی قرتاندنی پاشگری «عیراق»ی کرد.
لە مەسەلەی دیاریکردنی ناکۆکییە سەرەکیو لاوەکییەکاندا، ئەندامی کۆنفرەنس رای جیاوازیان دەربڕی بەڵام کۆنفرەنس لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە ناکۆکیی سەرەکی لەگەڵ ڕژێمی عیراقدایە، شۆڕشی کوردستان شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانە، داگیرکەران و ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی لە بەرەی دوژمنان دان و یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ گروپە چەپەکانی ناوچەکەدا مەرجێکی پێویستی خەباتە.

لە مەسەلەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیدا، کۆنفرەنس وای دانا کە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لە نێوان کۆمەڵەو یەکێتیی نیشتمانیدا هەیەو پشتگیریی لە پاراستنی یەکێتی کرد. لەم بوارەدا باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان لە دوو باڵەکەی تر زیاتر جەختی کردە سەر پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵە لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیدا و پێویستیی کارکردن بۆ نواندنی ڕۆڵێکی کاراتر لە ناو یەکێتیدا بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە.

کۆنفرەنس بەستنەوەی ڕەوتی فیکریی کۆمەڵەی بە بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگەوە کۆتایی پێ هێنا و

ماویزمی بەو چەشنە ناساند کە تاقیکردنەوەیەکی لۆکاڵە و دەتـوانـرێ سـود لـە لایـەنـە باشەکانی وەربگیرێ. هەر لەم سەروبەندەشدا تیۆریی سۆسیال ـ ئیمپریالیزم رەت کـرایـەوە، یەکێتیی سۆڤێت بە دەوڵەتێکی سۆسیالیست دانـرا و لە هەمان کاتدا پەیوەندیی کلکایەتی رەت کرایەوە.

کۆنفرەنس پێشنیاری ناساندنی کۆمەڵەی وەك حزبی کرێکاران و جوتیاران رەت کـردەوەو جەختی لەسەر ئەوە کـردەوە کە حزب ناتوانێ نوێنەری دوو چین بێ. کۆنفرەنس کۆمەڵەی وەك حزبی چینی کرێکاری کوردستان ناساند. وەك بەشێك لەپێداویستییە پرۆپاگەندەییەکان، کۆنفرەنس پشتگیریی پێکەوە گرێدانی خەباتی چینایەتیو خەباتی نیشتمانیی کـرد و ئەمەش رەنـگدانـەوەی لەسەر پەسندکردنی رستە کلاسیکییەکەی «ئـەی کرێکارانو گـەلانی زۆرلـێـکـراوی دنـیـا یـەکـگـرن» هـەبـوو. هـەروەهـا دروشمێك بۆ کۆمەڵە پەسند کرا کە گوزارشتی لە کوردستانیبونی کۆمەڵەو رێبازی شۆڕشگێڕانەی مارکسیستی دەکـرد. دروشمەکە وێنەی چەکوشو داسو ئەستێرەیەكو چوار بازنەی تێدا بوو کە هەر یەکێکیان گوزارشتی لە شتێکی دیاریکراو دەکرد: چەکـوشو داسـەکـە گـوزارشـتـیـان لـە هاوپەیمانیی کرێکاران و جوتیاران دەکرد، ئەستێرەکە ئاماژە بوو بۆ ئامانجی ستراتیجی کە سۆسیالیزمەو چوار بازنەکەش ئاماژە بون بۆ چوار پارچەکەی کوردستان، هەروەها پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ رێکخستنی ژیانی رێکخراوەییو بەڕێوەچونی کاروباری دەزگاکان پەسند کرا.

کۆنفرەنس بڕیاریدا ئەو ئەندامانە ببنە ئەندامی سەرکردایەتی کە لە هەڵبژاردندا لە نیوەی دەنگی دەنگدەران زیاتر بە دەست دێننو ئەمە وای کرد لە ٢٢ کاندیدەکە تەنها ٤ کاندید دەرچن کە ئەمانەن: نەوشیروان موستەفا، فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر کەمال خۆشناو و مـەلا بەختیار. هـەر لـەم روەوە، عومەر سەید عەلی کە پێش بەسترانی کۆنفرەنس لە بناری کێوەڕەش بریندار ببوو و بۆ چارەسەر لە دەرەوەی وڵات بوو، وەك رێزلێنان، بەبێ هەڵبژاردن بە ئەندامی سەرکردایەتی دانرا.

## پاشکۆ
## راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

لە ژێر دروشمی: لەپێناوی پتەو کردنی ریزەکانی کۆمەڵەو راپەراندنی جەمـاوەری گەلەکەماندا، لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزو پڕ روداوی گرنگی کوردستانی، عیراقی، ناوچەییو جیهانیدا یەکەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ئایاری ئەمساڵدا لەمالیموس بەسترا.

١٨٥ ئەندام بەشداری کۆنفرەنس بون، لەوانە:

- ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵە.
- کادیرو ئەندامانی شانە سەرەکییەکانی ناو هەرێمو لقەکان.
- نوێنەرانی رێکخراوەکانی شارەکان.
- نوێنەرانی رێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات.

ئەندامانی کۆنفرەنس خەڵکی بەشی هەرە زۆری شـارو شارۆچکەو ئـۆردوگـاو ناوچە دێهاتییەکانی کوردستانی بەشی عیراقیان تێدا هەبوو.

لە روی تەمەنیانەوە:

- ٤٩ ئەندامی لە بەینی ٢٠ ـ ٢٤ ساڵدا بون.
- ٧٤ ئەندامی لە بەینی ٢٥ ـ ٣٠ ساڵدا بون.
- ١١ ئەندامی لە بەینی ٣١ ـ ٣٥ ساڵدا بون.
- ٤١ ئەندامی لە بەینی ٣٦ ـ ٤٠ ساڵدا بون.
- ١٠ ئەندامی بەرەو ژوری ٤٠ ساڵ بون.

له روی کارو پیشەوە:
- ٤٤ ئەندامی کرێکار.
- ١٧ ئەندامی پیشەگەر.
- ٦٥ ئەندامی موچەخۆری بچوك و فەرمانبەر.
- ٩ ئەندامی پیشەگەری گەورە.
- ٥٠ ئەندامی قوتابیو خوێندکاری زانکۆو پێشمەرگە کە (٥) ئەندامیان ئافرەت بون.

* * * *

کۆبونەوەکان بە دەقیقەیەك ماتەمی وەستان بۆ رێزلێنان لەگیانی شەهیدانی کۆمەڵەو شۆڕشی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان کرایەوە و بە سرودی ئینتەرناسیونال دەستی کرد بە کارەکانی خۆی.

* * * *

سەرەتای کارەکانی کۆنفرەنس بە خوێندنەوەی راپۆرتی گشتی لە لایەن هاورێ نەوشیروان موستەفا ئەمینەوە دەستی پێ کرد کە تیایدا بەچاوێکی رەخنەگرانەوە، بە شیکردنەوەی لایەنی سیاسی، ئایدیۆلۆجی، رێکخراوەییو پێشمەرگەیی خەباتو تێکۆشانی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵەی باس کرد.

* * * *

جگە لەم راپۆرتە، دەیان راپۆرتو نامەی کورتو درێژ لەبارەی هەڵسەنگاندنی رابوردوی کۆمەڵەو بابەتەکانی تری کۆنفرەنس لە رێکخراوەکانی کۆمەڵەوە هاتبون کە گرنگەکانیان ئەمانە بون:
- راپۆرتی گشتیی کۆمیتەی سەرکردایەتیی رێکخستنی ناوخۆ.
- راپۆرتی گشتیی رێکخراوی دەرەوەی وڵات.
- راپۆرتی رێکخراوی شەهید جوامێر.
- راپۆرتی رێکخراوی بادینان.
- راپۆرتی رێکخراوی شەهید لەیلا.
- راپۆرتی کۆمیتەی راپەڕین.

هەروەها نامەی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانو یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان.

* * * *

ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری حزب و رێکخراوە دۆستەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان لەگرتنی کۆنفرەنس ئاگادار نەکرابون، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان نامەی پیرۆزبایی لە حزب و رێکخراو و کەسانی نیشتمانپەروەری وڵات و دەرەوەی وڵاتەوە ئاراستەی کۆنفرەنس کرابون.

* * * *

لە پاش خوێندنەوەی راپۆرتی گشتی، سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵە بە رەسمی کشایەوەو دەستەی بەرێوەبەرایەتیی کۆنفرەنس هەڵبژێردرا و بەرنامەی کارەکانی کۆنفرەنس دیاری کرا.

* * * *

کۆنفرەنس بەشێکی گرنگی کارەکانی خۆی بۆ پێداچونەوەو هەڵسەنگاندنی زانستیی مێژوی خەباتی یانزە ساڵەی کۆمەڵە تەرخان کرد، هەر لە سەردەمی ئامادەبونی زەمینەی ماددیی پێکهاتنیەوە هەتا ساڵی ١٩٧٠و ئینجا دامەزرانی بینای ئایدیۆلۆجیو سیاسیو رێکخراوەیی کۆمەڵەو گەشەکردنی تا ساڵی ١٩٧٤ و پاشان کۆمەڵەو شەڕی ٧٤ـ ٧٥ی نێوان گەلی کوردو رژێمی عیراق و کۆمەڵە لە دوای ئاشبەتاڵ کە بەشدار بو لەپێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە پێکهێنانی دەستەی چەکداردا بۆ گوێزانەوە لە قۆناغی خەباتی سیاسییەوە بۆ قۆناغی خەباتی سیاسیی چەکدارو دەستپێشکەری لە ئامادە کردنی بەرگریی چەکدارانەدا لە دژی رژێم.

کۆنفرەنس بە سەنگو تەرازویەکی زانستی، بە قوڵیو بە شێوەیەکی گشت لایی کەوتە هەڵسەنگاندنو

لێکۆڵینەوەی قۆناغەکانی پێك هاتنو گەشەکردنی کۆمەڵە لە لایەنی تیۆریو پراکتیکەوە، لەمەیدانەکانی ئایدیۆلۆجی، سیاسی، ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەییدا.

دامەزرانی کۆمەڵە وەکو ڕێکخراوی مارکسی لینینیی چینی کرێکاری کوردستان لە زەمان و زەمینی ساڵی ١٩٧٠ دا، وە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدار لەزەمان و زەمینی پاش هەرەسەکەی ١٩٧٥ بە دو نوقتەی وەرچەرخانی گرنگ لە مێژوی نوێی گەلەکەمان دا دانرا.

کۆنفرەنس هەروەکو بەگەشی لاپەڕە پڕشنگدارەکانی خەباتی ١١ ساڵەی کۆمەڵەی دەرخست و نرخی دایە، هەروەها بەوردی کەم و کوڕی و هەڵە و لادانو نوقتە لاوازەکانیشی دیاری و دەست نیشان کردو بە توندی ڕەخنەی لێ گرتن.

* * * *

بەشێکی دیکەی گرنگی بەرنامەی کارەکانی کۆنفرەنس بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵی کوردستان و دیاری کردنی ناکۆکییە جۆراوجۆرە بنچینەییو سەرەکیو ناسەرەکییەکانی ناو هەناویو نەخشەو دابەش بونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانو هێزو باڵە سیاسییەکانی تەرخان کرا و بەگوێرەی هەل و مەرجەکانی ئەم قۆناغە لەسەر ئاستی کوردستان، عیراق، ناوچەکەو جیهان دۆستەکانو دوژمنەکان دیاری کران و هێڵە گشتییەکانی ستراتیجی قۆناغەکەو تاکتیکەکانی داڕێژرانەوە.

کورد وەکو نەتەوەیەکی دیلو دابەشکراو و کوردستان وەکو نیشتمانێکی داگیرکراو، جوڵانەوە مێژوییەکەی بەرەو پێشەوە چونو گەشەکردنی خۆی لە ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستانو ئازادیو یەکگرتنەوەی نەتەوایەتیدا دەنوێنێ، بۆیە جارێکی تر ئەوە دوپات کرایەوە کە شۆڕشی کوردستان لەم قۆناغەدا، شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانە، شۆڕشی فراوانترین بەشی جەماوەری خەڵکی کوردستانە بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار دژی داگیرکەرانو ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانیان لەپێناوی بەدەست هێنانی مافی ئازادیی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیو گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا بەرەو سۆشیالیزم، کە بەشێکە لە شۆڕشی گەلانی ڕزگاریخواز کە سەرچاوەیەکی گرنگی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان پێك دەهێنێ.

لە کوردستانی بەشی عیراقدا، ئەم ئەرکە خۆی لە ڕاماڵینی دەسەڵاتی ڕژێمی سەرمایەداری دەوڵەتی بۆرجوازیی بیرۆکراتی ئەنوێنێ کە سیاسەتێکی فاشیستی بەرامبەر گەلی عیراق و سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستی داگیرکەرانەی بەرامبەر گەلی کورد گرتوە، کە ئەویش بە بەهێز کردنی پەیوەندیی هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی تردا لە چوارچێوەی ستراتیجیکی هاوبەشدا لە لایەك و بەهێز کردنی یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ هێزو تاقمە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە بەگشتی و لەگەڵ هێزو تاقمە پێشکەوتنخوازەکانی نەتەوەی عەرەبو عیراق بەتایبەتی لە لایەکی ترەوە، ئەبێ.

* * * *

پارێزگاریی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆجیو سیاسیی کۆمەڵە لە کلکایەتی و ڕەدوکەوتنی ئیتیجاهە جۆراوجۆرەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهان لە لایەك و پێویستیی پتەوکردنی پەیوەندیی ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریو هاوخەباتیو دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستیو جوڵانەوە کرێکاریو ڕزگاریخوازییەکانی گەلان لە لایەکی ترەوە، بەشێکی تری کارەکانی کۆنفرەنس بوو.

کۆمەڵە تەنها مارکسیزم لینینیزم بە سەرچاوەی ئەسڵیی بیروباوەڕو بنچینەی تیۆریی خۆی ئەزانێو ئەوانی تر تەجروبەو تاقیکردنەوەی ناوچەیی کرێکارانو

گەلانن لە کات و شوێنی تایبەتی خۆیاندا دەبێ کەڵك لە لایەنە سەرکەوتوەکانی وەربگیرێ‌و لایەنە ژێرکەوتوەکانیشی رەت بکرێنەوە.

* * * *

کۆنفرەنس بەشێکی تری بەرنامەکانی تەرخان کرد بۆ هەڵسەنگاندنی دەوری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە جوڵانەوەی گەلەکەمان و دەوری کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیدا.

کۆنفرەنس نرخێکی تایبەتی دا بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بەو دەورە گرنگەی گێڕاویەتی لە خەباتی گەلەکەمانداو ئەو پەیوەندییە دایلەکتیکییەی دووبارە کردەوە کە هەیە لە نێوان گەشەکردن‌و بەهێزبونی هەردوولایاندا و باسی پێویستیی پاراستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد وەکو چوارچێوەیەکی نیمچە بەرەیی‌و رێزلێنان‌و گەشە پێدانی پەیوەندییەکانی بەینی باڵ‌و رێکخستنەکانی ناوی بەگوێرەی گۆڕان‌و گەشە کردنی‌و بۆ پێشەوە چونی خەباتی گەلەکەمان‌و بەشداربونی زیاترو کاریگەرتر لە دام ودەزگاکانیدا.

* * * *

کۆنفرەنس جارێکی تر تەئکیدی کردەوە لەسەر پاراستنی یەکێتیی ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە سەرکردایەتی و شێوەی رێکخستن‌و شێوەی کاری‌و حورمەت گرتنی بیروباوەڕی سیاسیی پێشمەرگەکانی، بە جۆرێك کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی چەکداری شۆڕشی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان و پارێزەری قازانجی هەمو گەلەکەمان بێت، نەك ئیتیجاهێك یا دەستەیەکی دیاریکراو.

* * * *

کۆنفرەنس بە چاوی رێزلێنان‌و حورمەتێکی بێ پایانەوە سەیری قوربانیدانی شەهیدانی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانی کرد، لە ریزی پێشەوەیان قارەمانانی کۆمەڵە و باسی پێویستیی بایەخ دانی کرد بە میراتی شۆڕشگێڕانەو خێزان‌و کەس‌و کارەکانی ئەوان‌و پەککەوتەو گیراوەکانیان.

* * * *

کۆنفرەنس گرنگییەکی تایبەتی دا بە باس کردنی گەشە پێدانی شێوەکانی خەبات لەشارەکانداو گەشەپێدانی خەباتی پێشمەرگانەو پێکەوە گرێدانی هەمو شێوەکانی خەبات، گەلێك بیر و بۆچون و پێشنیار لەو بارەیەوە خەمڵی‌و بڕیاری لەسەر درا.

* * * *

ئامادە کردن و بڕیاردان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ بۆ رێکخستنی پەیوەندی‌و ژیانی ناوەوەی کۆمەڵە لەبەر تیشکی تەجروبەی رێکخراوەیی چەند ساڵەی رێکخراوەکانی شارو شاخدا یەکێکی تر بو لە کارەکانی کۆنفرەنس.

* * * *

ئەندامانی کۆنفرەنس هەم لە لایەن خۆیانەوە، هەم لە لایەن ئەو رێکخراو و شانانەوە کە هاتبون، دەیان رەخنەی بەسود و بیروڕای بەکەڵك‌و پێشنیاری باشیان پێشکەش کرد بۆ گەشەپێدانی رێبازی سیاسی‌و رێکخراوەیی‌و پێشمەرگەیی کومەڵە. گفتوگۆ و باسەکان کە تێکڕا (٨٠) سەعات کار زیاتریان خایاند لە جەوێکی ئازادو دیموکراتیدا، بەگیانێکی هاوڕێیانەوە ئەنجام دران.

* * * *

کۆنفرەنس گەورەترین روداوی سیاسی‌و رێکخراوەیی ژیانی کۆمەڵە بوو لە ماوەی ١١ ساڵی رابوردودا.

* * * *

بەرنامەی کارەکانی کۆنفرەنس بە هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە کۆتایی هات و

هاوڕێ نەوشیروان مستەفا ئەمین بە وتارێکی کورت تەواوبونی کۆنفرەنسی راگەیاندو ئەندامانی کۆنفرەنس بە دەم سرودی کۆمەڵەوە بڵاوەیان لێ کرد.

با پتەوتر بێت ریزەکانی کۆمەڵە بەرەو راپەڕاندنی جەماوەر.

با هەر شەکاوە بێت ئاڵای رزگاریی نیشتمانیی کوردستان

سەروەری بۆ شەهیدانی کۆمەڵەو شۆڕشی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان.

ئایاری ١٩٨١
کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ناوەند -

## کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ لەگوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی. لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٢ دایەلۆگی نێوان نوێنەرانی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان بەو سەرەنجامە گەیشتبوو کە هەردوو گروپەکە تێکەڵ بە یەکتری بکرێن و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەو تێکەڵ کردنە پێك بێ، سەرباری ئەوەی کە هەردوولا سەرکردایەتییەکی هاوبەشیان پێك هێنابوو و دوو نوێنەریشیان لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبوو.

لە ٢٣ی ئابی ساڵی ١٩٨٣، پاش یەکگرتنی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو راگەیاندنی پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەگوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی بەسترا.

کۆنفرەنسەکە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە چوو. پاش تاوتوێ کردنی مەسەلە سیاسییەکان و مشتومالْکردنی کاروباری رێکخراوەییو پەسەندکردنی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆ، سەرکردایەتییەکی یانزە کەسی لە جەلال تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عومەر مستەفا، دکتۆر کەمال فوئاد، عومەر شێخموس، خدر مەعسوم، عەلی حەوێز، سەید مەجید حسێن مورسل زەمان، نازم عومەر، جەمال حەکیم و عومەر عەزیز قادر هەڵبژێردرا و دواتر تاڵەبانی بە سکرتێری رێکخراوەکە هەڵبژێردرا.

مەسەلەی هەڵبژاردنی تاڵەبانی بەسکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان نیگەرانیی لە لای سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دروست کرد. ئەگەرچی کۆمەڵەی رەنجدەران پشتگیریی یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆشیالیستی کردبوو، بەڵام بەگونجاوی نەدەزانی تاڵەبانی کە سکرتێری یەکێتیی نیشتمانییە، سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانیش بێ. بۆیە داوا لە تاڵەبانی کرا واز لە پۆستی سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان بێنێ. بۆ زیادکردنی گوشاریش، وا دانرا کە ئەگەر تاڵەبانی واز لە پۆستی سکرتێریی یەکێتیی شۆڕشگێڕان ناهێنێ، دوو بژاردەی لەبەردەم دەبێ و دەتوانێ یەکێکیان هەڵبژێرێ: بژاردەی یەکەم ئەوەیە کە کۆنگرە ببەسترێو سکرتێری گشتی لەو کۆنگرەیە هەڵببژێردرێ، بژاردەی دووەم ئەوەیە کەپۆستی سکرتێری گشتی بە نۆرە بێو هەر شەش مانگ یان هەر ساڵ جارێك

پۆستەکە لە نێوان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانو یەکێتیی شۆڕشگێڕان دەستاودەستی پێ بکرێ. لە کۆتاییدا تاڵەبانی ئەوەی بەگونجاو زانی کە واز لە پۆستی سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان بێنێ. دوا بە دوای ئەمە، کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان دکتۆر فوئاد مەعسومی بە سکرتێر هەڵبژارد.

## کۆنگرەی پشتیوانیکردن لە گەلی عیراق

کۆنگرەیەکە لە ٢٤ ی کانونی یەکەمی ١٩٨٦دا لە تارانی پایتەختی ئێران بەستراوە و بە یەکێ لە فراوانترین کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دەژمێردرێ. کۆنگرەکە کە حکومەتی ئێران ڕێکی خستووە، دوو پەیامی سەرەکیی هەبوو. پەیامی یەکەمیان ئەوە بوو کە ئێران، بە هەموو تواناوە و تا سەر، پشتیوانی لە خەباتی گەلی عیراق دەکات و دووەمیان ئەوەیە کە جەنگ تا ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام حسێن ناوەستێ. سەبارەت بە پەیامی دووەمی کۆنگرەکە، مەکینەی پرۆپاگەندەی ئێران هاووڵاتییانی لەسەر پەسەندکردنی ئەو تیۆرییە ڕاهێنا بوو کە جەنگ لە کۆتاییدا هەر بە سەرکەوتنی ئێران کۆتایی دێت و ئەو جەنگەی کە میدیا فەرمییەکانی ئێران بە «جەنگی سەپێنراو» ناویان دەبرد، تا ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق هەر بەردەوام دەبێ. لەم چوارچێوەیەدا، دروشمی «جەنگ جەنگ تا سەرکەوتن» بەرچاوترین و زەقترینی ئەو دروشمانە بوو کە لە شەقامی ئێراندا برەوی پێ دەدرا.

ژمارەی بەشداربووانی کۆنگرەکە ٤٥٠ کەس بوو، کە لە ١٧ وڵاتەوە هاتبون، لەوانە ژمارەیەکی زۆر کەم، لیبرال و چەپەکان بوون.

عەلی هاشمی کە کەسێکی نزیکی سەرۆکی کۆماری ئێران عەلی خامنەئی بوو، سەرۆکایەتیی کۆنگرەکەی کرد. لێپرسراوانی ئێران لەسەر بەرزترین ئاست ئامادەی کۆنگرەکە بوون، لەوانە ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی ئێران. لە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق ژمارەیەکی زۆری گروپە سیاسییەکان بەشدارییان تێدا کرد لەوانە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق، حزبی دەعوەی ئیسلامی، پارتی ئیسلامی و هی تر.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکێ لەو لایەنە سیاسییانە بوو کە بۆ کۆنگرەکە بانگهێشت کرا بوو. ئەو شاندەی کە لە کۆنگرەکەدا نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد، بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا ئەمین و ئەندامەتیی هەر یەك لە دکتۆر فوئاد مەعسوم، دکتۆر کەمال خۆشناو و ڕەفعەتی مەلا بوو. پارتی دیموکراتی کوردستانیش بۆ کۆنگرەکە بانگهێشت کرا بوو. شاندەکەی پارتی بە سەرۆکایەتیی ئیدریس بارزانی و ئەندامەتیی هەر یەك لە فەلەکەددین کاکەیی، فازڵ میرانی، دکتۆر شەوکەت بامەڕنی، عوسمان قازی و مەلا محەمەد بوو.

جگە لە کەسایەتی و حزبە سیاسییەکان، ژمارەیەك دیلی عیراقی بەشدارییان لە کۆنگرەکەدا کرد لەوانەی کە لە ئێران پەیوەندییان بە گروپە شیعییە عیراقییەکانەوە کردبوو، لەوانە ژمارەیەکیان، بە گروپ، سرودێکیان بە شێوەزاری عیراقی بە ناونیشانی «ئەی نیشتمان، خەندە بە لێوتەوە نەماوە» وتەوە.

بەستنی کۆنگرەکە پەیوەندیی بە ئامانجەکانی جەنگەوە هەبوو. لەو کاتەدا ئێرانییەکان هەندێ پێشکەوتنیان لە بەرەکانی جەنگدا بەدەست هێنا بوو کە گرنگترینیان کۆنترۆڵکردنی سێگۆشەی

فاو بوو لە ئازاری ١٩٨٦. ئەمەش لە روی ستراتیجییەوە گۆڕانێکی گەورەی بەسەر رەوشی جەنگەکەدا هێنا بوو، بەتایبەتی لەو رووەوە کە ببوو بە مایەی پتەوکردنی متمانەی ئێرانییەکان بە توانای بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی تەواو لە جەنگدا. گرتنی سێگۆشەی فاو هاوکێشەکەی گۆڕی بوو، بە رادەیەك کە ئەمریکییەکان وایان لێ هاتبوو کە بەگومان بن لە توانای هێزەکانی عیراق بۆ تێکشکاندنی هێرشەکانی ئێران.

ئەو دیکۆمێنتانەی کە پاش سالانێکی دور و درێژ بلاوکرانەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کۆنترۆلکردنی سێگۆشەی فاو لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە، ئەمریکییەکانی تۆقاند بوو. دیکۆمێنتەکان دەری دەخەن کە پاش گرتنی فاو، ئەمریکییەکان و بریتانییەکان کەوتونەتە گفتوگۆ دەربارەی لێکەوتەکانی گرتنی فاو. لەو گفتوگۆیەدا بۆ بریتانییەکان دەرکەوتبوو کە ئەمریکییەکان دەستەوەستان ناوەستن و بۆ رێگرتن لە سەرکەوتنی ئێران، ئامادەن تەنانەت دەستێوەردانی سوپاییش ئەنجام بدەن. بەلام بریتانییەکان ئەم بیرکردنەوەیەی ئەمریکییەکانیان رەت کردەوە و نیگەرانیی خۆیان لە هەر ئۆپەراسیۆنێکی سوپایی دژی ئێران دەربڕی. کاکلەی بۆچونی بریتانییەکان بەو جۆرە بوو کە نابێ هەنگاوێك بنرێ دەرچون لێی و کۆنترۆلکردنی لێکەوتەکانی، سەخت و دژوار بێ. بەلام لە هەمان کاتدا پشتیوانییان لەو سیاسەتە کرد کە ئەمریکییەکان لە ناوچەی کەنداو لە دژی ئێران پەیڕەوییان دەکرد.

گرتنی سێگۆشەی فاو، لەسەر ئاستی تاکتیکی، بووە هۆی زیاتر پشتیوانی کردنی ئێران لە شیعە و کورد بۆ روخاندنی رژێمی سەددام حسێن، بەلام لەسەر ئاستی ستراتیجی، بووە هۆی هاندانی رۆژئاوا بۆ بڕیاردان بە شێوەیەکی رەها لەسەر ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەك نابێ ئێران بە سەرکەوتوویی لە جەنگ دەرچێ.

## کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ماوەی نێوان ٢١-٢٤ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ لە هۆلی پیشانگای نێودەولەتیی سلێمانی لە تاسلوجە بەسترا. لەبەر چەندین هۆ، بەستنی ئەم کۆنگرەیە نزیکەی شەش سال دوا کەوت. لەو ماوەیەدا حزب بە دۆخێکی دژوار و ئالۆزدا تێپەڕی، کێشە ناوخۆییەکانی پەرەیان سەند و پێگە جەماوەرییەکەی زیانی بەرکەوت.

دورکەوتنەوەی تالەبانی لە ژیانی سیاسی بە هۆی نەخۆشییەوە، کاریگەریی زۆری لەسەر ئالۆزبونی پەیوەندییە ناوخۆییەکان هەبوو، بەتایبەتی کە ململانێی بالەکان لە مەسەلەی جێگرتنەوەی تالەبانی جیا ناکرێتەوە. لە کانونی یەکەمی ٢٠١٢ دا تالەبانی بە پەلەپروزێ گەیەنرایە ئەلمانیا و لەوێ خرایە ژێر چاودێریی پزیشکییەوە. پێداویستییەکانی چارەسەر لە ئەلمانیا نزیکەی سال و نیوێکیان خایاند. گەڕانەوەی تالەبانی بۆ سلێمانی لە سالی ٢٠١٤، هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕی، چونکە نەخۆشی نەیهێشت تالەبانی هیچ رۆلێك لە کاروباری حزبەکەیدا بگێڕێت.

بەپێی ماددەی ١٤ی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم، دەبوایە کۆنگرەی چوارەم لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ دا ببەسترێ. لەم رووەوە ماددەی ١٧ی پەیڕەوی ناوخۆ میکانیزمی بەستنی کۆنگرەی دیاری کردووە و لە بڕگەی دووەمدا وای داناوە کە شەش مانگ پێش کۆنگرە، کۆمیسیۆنێك بە ناوی کۆمیسیۆنی بالای ئامادەکاری کۆنگرەوە پێك دەهێنرێ کە بە هاوکاریی دەزگای هەلبژاردن ئەرکی دابین کردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرە دەگرێتە ئەستۆ. بۆیە دەبوایە ئەو کۆمیسیۆنە

لە ئایاری ٢٠١٣ پێك بهێنرایە و دەستی بە کارەکانی خۆی بکردایە، بەڵام ئەم کارە پشت گوێ خرا، هیچ ئامادەکارییەك بۆ کۆنگرە نەکرا و لەم چوارچێوەیەدا هیچ کۆمیسیۆنێکی باڵا بۆ ئامادەکاریی کۆنگرە پێك نەهێنرا. حزب لەوە دەسڵەمییەوە نەبا ئەو گرژییە ناوخۆییانەی کە پاش نەخۆش کەوتنی تاڵەبانی سەریان هەڵداوە، ببن بە مایەی تەشەنە سەندنی ململانێکان، بەتایبەتی کە حزب هێشتا خۆی بۆ قۆناغی پاش تاڵەبانی ئامادە نەکرد بوو.

لە پاڵ ئەم فاکتەرەدا، فاکتەرێکی تر رۆڵێکی گەورەی لە دواخستنی بەستنی کۆنگرەدا هەبوو، ئەویش ئەو ئەنجامە ئومێدبڕە چاوەڕواننەکراوە بوو کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان بەدەستی هێنابوو. ئەو ئەنجامە کادیرەکانی حزبی توشی شۆك کرد و سەرکردایەتیی زۆر سەغڵەت کرد. لە کەش و هەوایەکی تێکەڵ بە نیگەرانی و بێئومێدی و توڕەیی، ئەستەم بوو کۆنگرەیەکی وا ببەسترێ کە بتوانێ یەکپارچەیی ناوخۆیی بپارێزێ. لە ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٣دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداریی تێدا کرد. لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنها ٣٥٠,٥٠٠ دەنگ و ١٨ کورسیی پەرلەمانی بەدەست هێناوە. ئەم ئەنجامە حزبی کردە هێزی سێیەمی هەرێم کە ئەمەش بە شکستێکی گەورە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەژمێردرێ.

زۆر هۆ لە پشت شکستەکەوەن، لە سەروی هەموویانەوە ناڕونی وشێواویی سیاسەتی حزب پاش نەخۆش کەوتنی تاڵەبانی، لەدەستدانی رۆڵی پێشڕەوایەتی لە ژیانی سیاسیدا و پەرەسەندنی ململانێ لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان. بەڵام هەڵەی گەورەی حزب لەو ماوەیەدا رێککەوتنی مەکتەبی سیاسی بوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە حوزەیرانی ٢٠١٣بۆ درێژکردنەوەی سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی بۆ ماوەی دوو ساڵ بەرامبەر بە گێڕانەوەی دەقی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوەی و پاشان پشتگیریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ی ناسراو بە یاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆکی هەرێم تا ١٩ی ئابی ٢٠١٥. ئەم سەودایە بووە مایەی پەکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ هەرێم و مانەوەی بارزانی بۆ دوو ساڵی تر لە پۆستەکەی، لە کاتێکدا یاساکانی هەرێم بواری ئەوەیان بە بارزانی نەدەدا سێ جار خۆی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم کاندید بکاتەوە. نیگەرانیی ئەندامان و کادیران و جەماوەری حزب لەم هەڵسوکەوتە، کارێکی وای کرد حزب ژمارەیەکی زۆر دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٣ لەدەست بدات.

پاش هەڵبژاردن، مەکتەبی سیاسی لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتیی عەدنان موفتی و ئەندامەتیی فەرید ئەسەسەرد، ئازاد جندیانی و عارف روشدی بۆ تاوتوێ کردنی هۆکانی شکستی حزب لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێشکەش کردنی راپۆرتێك لەم بارەیەوە بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، پێك هێنا. لیژنەکە لە ٣٠ی ئەیلولدا دەستی بە کارەکانی کرد، لە ماڵی عەدنان موفتی لە گوندی ئەمریکی لە هەولێر یەکەم کۆبونەوەی بەست و لە ٥ ی تشرینی یەکەمدا ئەرکەکەی تەواو کرد.

لە ٧ ی تشرینی یەکەمدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی بەسترا. هەر لەو کۆبونەوەیە پرسی کۆنگرە تاوتوێ کرا و زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پێیان وابوو

هەلومەرجەکە بە کەڵکی بەستنی کۆنگرە نایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماددەی ١٤ی پەیڕەوی ناوخۆ، مانگی تشرینی یەکەمی بە وادەی بەستنی کۆنگرەی چوارەم دیاری کردبوو، لەولاشەوە ماددەی ١٨ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەگەر کۆنگرە «لەبەر هەر هۆیەك» نەبەسترێ، سەرکردایەتی شەرعییەت لەدەست دەدا، هەر ئەو بژاردەیە لە بەردەم پاراستنی شەرعییەتی سەرکردایەتی مایەوە کە پلینۆم ببەسترێ و لە پلینۆم بەستنی کۆنگرە بۆ چەند مانگێك دوا بخرێ، بە تایبەتی کە ماددەی ١٨ دەرفەتی دەدا پلینۆم «بۆ ماوەی ٣-٦ مانگ بۆ یەك جار کۆنگرەکە دوا بخات». بە پشت بەستن بە ماددەی ١٨ی پەیڕەوی ناوخۆ، کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاری بەستنی پلینۆمی دا نەك کۆنگرە. سەبارەت بەو راپۆرتەش کە لیژنەی لێکۆڵینەوە دەربارەی هۆکانی شکستی حزب لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ ئامادەی کردبوو، رێ بە خوێندنەوەی نەدرا و پێشنیار کرا بۆ پلینۆم هەڵبگیرێ و لەوێ بخوێندرێتەوە.

سێ رۆژ پاش کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣دا پلینۆمی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قەڵاچوالان لە هۆڵی شەهاب شێخ نوری بەسترا. لە کردنەوەی پلینۆمەکەدا جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی کۆسرەت رەسول عەلی وتارێکی کورتی خوێندەوە و ئۆباڵی شکستی حزبی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی خستە ئەستۆی «مەکتەبی سیاسی بە پلەی یەکەم و سەرکردایەتی بە پلەی دووەم». لە پلینۆم، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی رێککەوتنی لەسەر کرابوو، رێ نەدرا راپۆرتی لیژنەی دیاریکردنی هۆکانی شکستی حزب لە هەڵبژاردنی پەرلەمان بخوێنرێتەوە و بە پەلەپروزێ پێشنیار کرا کۆنگرەی چوارەم لە ٣١ ی کانونی دووەمی ٢٠١٤ ببەسترێ. پێشنیارەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا. پاش دەنگدانەکە، پلینۆم دەم و دەست کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

پاش پلینۆم، کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە لە ٣ ئەندام پێك هات کە ئەمانەن: قادر حەمە جان، رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش و دلێر سەید مەجید. ئەم کۆمیسیۆنە ١٥ لیژنەی بەپێی بوارە جیاوازەکان پێك هێنا کە هەر یەکێکیان ئەندامێکی سەرکردایەتی یان کادیرێکی پێشکەوتوو سەرۆکایەتیی کردووە. لیژنەکان ئەمانەن: لیژنەی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان بە سەرۆکایەتیی مەحمود سەنگاوی، لیژنەی پەیوەندییە گشتییەکان بە سەرۆکایەتیی سەعدی ئەحمەد پیرە، لیژنەی هەڵبژاردن بە سەرۆکایەتیی شۆڕش ئیسماعیل، لیژنە پەیڕەوی ناوخۆ بە سەرۆکایەتیی دکتۆر جوان ئیحسان، لیژنەی کۆمەڵایەتی بە سەرۆکایەتیی حامد حاجی غالی، لیژنەی چاودێری و سکاڵا بە سەرۆکایەتیی حەمەی حەمە سەعید، لیژنەی ناوچە جێناکۆکەکان بە سەرۆکایەتیی خالید شوانی، لیژنەی رێکخراوە دیموکراتییەکان بە سەرۆکایەتیی نەرمین عوسمان، لیژنەی دارایی بە سەرۆکایەتیی پەروین بابەکر حەمە ئاغا، لیژنەی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران بە سەرۆکایەتیی فەرید ئەسەسەرد، لیژنەی چاودێریی دارایی بە سەرۆکایەتیی بایز تاڵەبانی، لیژنەی راگەیاندن بە سەرۆکایەتیی ئازاد جندیانی، لیژنەی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە سەرۆکایەتیی وەسفیە بەنی وەیس، لیژنەی حکومەت و پەرلەمان بە سەرۆکایەتیی عوسمان شوانی، لیژنەی بەدواداچون بە سەرۆکایەتیی ئاڵا تاڵەبانی. هەروەها دکتۆر یوسف گۆران بە وتەبێژی فەرمیی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە و سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم بە بڕیاردەری کۆمیسیۆن دانران.

لە ١٩ی کانونی یەکەمدا کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە لە ڕاگەیەندراوێکدا شوێنی کۆبونەوەی هەر لیژنەیەك دیاری کرد و ئەندامان و کادیرانی لەوە ئاگادار کردەوە کە دەتوانن لە شوێنە دیاریکراوەکان سەردانی لیژنەکان بکەن و سەرنج و پێشنیارەکانی خۆیان پێ بگەیەنن.

کۆمیسیۆن دەوروبەری بیست کۆبونەوەی لەگەڵ مەکتەب و دەزگاکان و کادیرە خاوەن پڕۆژەکان کرد. دەربارەی ئەرکی لیژنەکان دکتۆر یوسف گۆران لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» وتی «لیژنەکان دوو کاری سەرەکییان هەیە کە بریتین لە هەڵسەنگاندنی کارەکانی رابــردووی خۆیان و ڕێکخستنی کاروبارەکان بۆ ئاینـدە و شێوەی پـڕۆژەکـان»و رونـی کـردەوە کە دەبـێ لیژنەکان تا سەرەتای کانونی دووەمی ٢٠١٤ کارەکانیان تەواو بکەن.

لە مـاوەی ئـامـادەکاریی کۆنگـرەدا سایتێك بە ناوی «سایتی کۆنگرە» بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە بابەتەکانی تایبەت بە کۆنگرە کرایەوە کە چەردەیەك پێشنیار و پڕۆژە و راو بۆچونی گرنگی تێدا بڵاو کرایەوە. هەروەها ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» پانتاییەکی فراوانی لاپەڕەکانی لە هەر ژمارەیەکدا بۆ کاروباری کۆنگرە و بڵاوکردنەوەی پڕۆژە و تێڕوانینی کادیرەکان تەرخان کرد.

لە ٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٤ دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە بـارەگـای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی کۆ بۆوە و دوای تاوتوێ کردنی بارودۆخی حزب بڕیاریدا بەستنی کۆنگرەی چوارەم بۆ کاتێکی گونجاوتر دوا بخات. لە بڕیارەکەدا پشت بەوە بەسترا کە لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ کاتێکی زۆرتـری بۆ تەواوکردنی کارەکەی پێویستە. بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە بـڕیـارەکە پێشێل کردنێکی ئاشکرای بڕیاری پلینۆمی پێنجەم بـوو، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەرپرسیارێتیی دواخستنی کۆنگرەی چوارەمی لە ئەستۆ گرت.

لـە پـاڵ ئـەم بـڕیـارەدا، دوو بـڕیـاری تـر دران. بڕیاری یەکەم، راسپاردنی لیژنەی دانوستانکار بە لە ئەستۆ گرتنی پرۆسەی وتووێژ بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم. بڕیاری دووەم، خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. لەم بابەتەدا، دوای گفتوگۆ و راگۆڕینەوە، کۆبونەوەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە پێویستە حزب بە بەرنامەی گونجاوتر و سیاسەت و میکانیزمی نوێوە بەشداری لە هەردوو هەڵبژاردندا بکات.

هـەمـان ڕۆژ کۆبـونـەوەیـەکـی هـاوبـەش لـە نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کرا، تێیدا هەلومەرجی حزب پاش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمان و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو تاوتوێ کران، هەروەك گفتوگۆ سەبارەت بە سێ بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیش کرا.

پاش کۆبونەوەکە، ئەنجومەنی نـاوەنـد هـەر ئەو ڕۆژە کۆبونەوەی بەست و لە ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆبونەوەکەدا، ڕەزامەندیی لەسەر دواخستنی کۆنگرە «بۆ کاتێك کە تێیدا بارودۆخی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبار بێت» نیشاندا، هەروەها پشتیوانیی لەوە کرد کە دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی تا کۆنگرەی داهاتوو، بە هاوبەشی، بدرێن بە کۆسرەت ڕەسول عەلی و دکتۆر بەرهەم ساڵح و هێرۆ برایم ئەحمەد بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە «بۆ پاراستنی یەکێتی و یەکریزیی یەکێتی بەکار بهێنن». هەر لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتبوو کە «لەمڕۆوە تا بەستنی کۆنگرەی چوارەم، دەبێت کاری جیددی بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان و

ئەنجامدانی گۆڕانکاریی پێویست و دانانی بەرنامە و نەخشە ڕێگای تازە و بوار نەدان بە کەمتەرخەمی و سستی و گەندەڵی لە ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکرێت».

هەرچەند بڕیاری دواخستنی کۆنگرە لەو هەلومەرجەدا پشت ئەستور نەبوو بە هیچ دەقێکی پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵام لە هەلومەرجی نەخۆش کەوتنی کتوپڕی تاڵەبانی و شپرزەیی دامەزراوەی سەرکردایەتی و شکستی حزب لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمان، پێداویستییە پرەگماتیکییەکان بەسەر پێداویستییەکانی دەقاودەق جێبەجێ کردنی ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆدا زاڵ بون و پاساوی بەهێزیان بۆ بە ئاسانی تێپەڕاندنی پلانی دواخستنی کۆنگرە دابینکرد، چونکە دەویسترا حزب هەموو وزە و توانای خۆی بۆ هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی قەرەبوی شکستەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی پێ بکاتەوە. بەشداری کردن بە بەرنامە و شێوازی تازە لە هەردوو هەڵبژاردندا، کاریگەریی باشی لەسەر ئەنجامە خوازراوەکان هەبوو. بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، حزب تا ئەندازەیەکی باش توانی ئەنجامە خراپە بەدەستهێنراوەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان قەرەبوو بکاتەوە.

بەڵام رووە خراپەکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ١٩ی ئایاری ٢٠١٤، مەسەلەی بەستنی کۆنگرەی چوارەم بۆ ماوەیەکی دور و درێژ مردار بۆوە و دەرفەتێکی گونجاو بۆ ورووژاندنی پێك نەهات. بەشێکی هۆکانی ئەم دیاردەیە، پەیوەندیی بە ململانێی ناو حزبەوە هەیە، بەشێکیشی پەیوەندیی بە ڕەوشی سیاسیی کوردستان و عیراقەوە هەیە (ململانێ لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان، پوکانەوەی ڕێککەوتنی ستراتیجی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیدابونی داعش و ئاڵۆزبونی پەیوەندیی نێوان کوردستان و حکومەتی فیدال).

لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا داعش دەستی بەسەر شاری موسڵدا گرت، دواتریش هێزەکانی عیراق بە شێوەیەکی کتوپڕ کەرکوکیان چۆڵ کرد کە ئەمەش کەرکوکی خستە بازنەی هەڕەشەوە، بۆیە هەر ئەو مانگە، هێزی پێشمەرگە چووە ناو کەرکوك و پشتێنەیەکی بەرگریی لە باشوری شارەکەدا دروست کرد. سەرقاڵبون بە پاراستنی سنورەکانی هەرێم لە هێرشەکانی داعش، هیچ دەرفەتێکی بۆ بیرکردنەوە لە بابەتە سیاسییەکانی وەك بەستنی کۆنگرە پێك نەهێنا. لە بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەدا، بابەتی وەك بەستنی کۆنگرە بایەخێکی زۆری نەبوو.

لە ئابی ٢٠١٥ دا ماوەی درێژکراوەی سەرۆکی هەرێم کۆتایی هات و پارتی دیموکراتی کوردستان ئارەزوی درێژکردنەوەی دوو ساڵی دیکەی بۆ سەرۆکەکەی کرد، لە کاتێکدا حزبەکانی تر بەرامبەر بە رازیبون بە درێژکردنەوەی ماوەکە، دەیانویست سیستمی سیاسی بکرێ بە سیستمێکی پەرلەمانی، سەرۆکی هەرێم لە ناو پەرلەمان هەڵببژێردرێ و دەسەڵاتەکانی پرۆتۆکۆلی بن.

نەگەیشتن بە سازان لەسەر ئەم مەسەلەیە، قەیرانێکی سیاسیی گەورەی لە هەرێم دروست کرد. هەرچەند لەم سەروبەندەدا کۆبونەوەی پێنج قۆڵی لە نێوان لایەنە سەرەکییەکان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، دەستی پێ کرد، بەڵام پێشکەوتنێکی ئەوتۆی تێدا نەهاتە دی. لە ٨ی تشرینی یەکەمدا نۆیەم

کۆبونەوەی پێنج قۆڵی بە بێ گەیشتن بە هیچ رێککەوتنێك کۆتایی هات. لە ٩ ی تشرینی یەکەمدا خۆپیشاندان لە قەڵادزێ بەرپا بوو و توندوتیژی و تەقەکردن و سوتاندنی بارەگای لێ کەوتەوە. لێرە بە دواوە دۆخێکی گرژ باڵی بەسەر هەرێمدا کێشا و پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان ئاڵۆزییەکی زۆریان بە خۆوە بینی. دوا بەدوای خۆپیشاندانەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕانی لە حکومەت دور خستەوە و لە بازگەی شێراوا رێگریی لە چونی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ناو هەولێر کرد کە ئەمەش قەیرانی پەکخستنی پەرلەمانی لێ کەوتەوە و هەرێمی توشی گێژەڵوکەیەکی سیاسیی گەورە کرد.

لەو قۆناغەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستپێشخەریی لە دەست دابوو و لێی رانەدەبینرا بتوانێ رۆڵی پێشڕەوایەتی بگێڕێ. مەکتەبی سیاسیش لە توانایدا نەبوو رۆڵی حزب لە ژیانی سیاسیی گشتیدا پەرە پێ بدا. ساڵی ٢٠١٦ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان رێککەوتنێکی سیاسییان واژۆ کرد بەڵام جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکە توشی چەق بەستویی بوو. لە ناو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا گروپەکانی دژ بە رێککەوتنەکە کە نەیاتوانی بوو رێ لە تێپەڕاندنی بگرن، توانییان بەربەست بۆ جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکە دروست بکەن و لە کۆتاییشدا توانییان پەکی بخەن. هەر لەو ماوەیەشدا ململانێی ناوخۆیی بە گوڕێکی زۆرترەوە تەشەنەی کرد و لێکترازانێکی گەورەتری لە ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی لێ کەوتەوە. لە ئەیلولدا ژمارەیەك ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە سەرۆکایەتیی هەردوو جێگر، کۆسرەت رەسول عەلی و دکتۆر بەرهەم ساڵح، رەوتێکیان لە ناو حزب بە ناوی ناوەندی بڕیارەوە راگەیاند. ئەم هەنگاوە بووە مایەی بەرزبونەوەی کێرڤی گرژی لە ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی و هاتنە ئارای لێکترازانێکی ئاسۆیی لە ناو کادیرەکاندا. هەرچەند دواتر رەوتی «ناوەندی بڕیار» هەڵوەشایەوە و توانرا رێ لە تەشەنە سەندنی قەیرانەکە بگیرێ، بەڵام هۆکانی ململانێکە لە رەگ و ریشەوە چارەسەر نەکران.

لە ساڵی ٢٠١٧ دا بابەتی بەستنی کۆنگرەی چوارەم وەك رێوشوێنێك بۆ چارەسەرکردنی ململانێکانی ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی، بە گەرم و گوڕی هاتەوە بەر باس. لێرە بە دواوە، دەبینین بابەتی کۆنگرەی چوارەم دەبێتە بابەتێکی زیندوو. دیاردەی دەستەگەریی ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی، دیاردەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو بوو. دینامیکیای دەستەگەری، چەقبەستوو و سەقامگیر نەبوو، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕاندا بوو. لەو لاشەوە دامەزراوەی سەرکردایەتی کە لە بنەڕەتدا یەك دامەزراوەیە، بەرە بەرە بەرەو ئەوە هەنگاوی دەنا کە هەر یەکێ لە دوو باسکەکەی، واتە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، تایبەتمەندی بەدەست بێنن، لێك جیا ببنەوە و وەك دوو دەزگای جیاواز لە بڕیاردان و بیرکردنەوە و شێوەی هەڵسوڕاندا کار بکەن. لە بنەڕەتدا دامەزراوەی مەکتەبی سیاسی دامەزراوەیەکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو بەشێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتییە و هەر لە لایەن ئەو ئەنجومەنەشەوە هەڵبژێردراوە. بەڵام لە بارودۆخی لەدەستدانی پێوەرەکاندا، مەکتەبی سیاسی وەك دەزگایەکی سەربەخۆ کاری کرد و هەر یەك لە ئەنجومەنی ناوەند و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بە نەبوو دانا. لەم سۆنگەیەوە مەکتەبی سیاسی کەوتە بەر تیری رەخنەی توند و بە تاکڕەوی تۆمەتبار کرا. لەو ماوەیەدا زۆر جار مەکتەبی سیاسی بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاری داوە و پابەند نەبوە

بە ماددەی ٣٢ ی پەیڕەوی ناوخۆ کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەکاتە «بەرزترین دەسەڵات» و ماددەی ٣٦ کە ئەرکی «جێبەجێ کردنی بڕیار و راسپاردەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی» ی بە مەکتەبی سیاسی سپاردووە. لەم سۆنگەیەوە، قۆرخ کردنی پرۆسەی دروست کردنی بڕیار لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە و پەراوێز خستنی رۆڵی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دڕدۆنگیی لە پەیوەندیی هەردولادا دروست کرد و وای کرد تانە لە توانای مەکتەبی سیاسی بدرێ کە نەیتوانیوە گرفتە داراییەکانی حزب چارەسەر بکا، خۆی لە ئەنجامدانی چاکسازیی ناوخۆیی دەدزێتەوە، لە بەڕێوەبردنی حزبدا شکستی هێناوە و سیاسەتێکی وای پیادە کردووە کە حزبی کردووە بە پاشکۆی رووداوەکــان. پەیوەندیی خراپی نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، هاندەر بوو بۆ وروژاندنەوەی مەسەلەی بەستنی کۆنگرە.

لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بەربەستێکی زۆر لە بەردەم وروژاندنی پرسی بەستنی کۆنگرەی چوارەم دروست کرا و هەر لەو ماوەیەشدا هاوپەیمانییەکی رانەگەیەنراو لە نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندا لەسەر پێویستی کارکردن بە ئاراستەی دابین کردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەی چوارەم هاتە ئاراوە.

بەدەر لە وروژاندنی پرسی بەستنی کۆنگرە لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ئەم پرسە گرنگە لە لایەن ئەنجومەنی ناوەندیشەوە وروژێنرا و هەوڵێکی زۆر لەم رووەوە بۆ دروست کردنی فشار لەسەر مەکتەبی سیاسی بۆ بە هەند وەرگرتنی داخوازییەکە درا و وا نیشان درا کە ئەم بابەتە رەنگدانەوەی داوایەکی گشتییە. لەم سەروبەندەدا ئەنجومەنی ناوەند لە نوسراوێکدا کە لە ٣٠ی ئایاری ٢٠١٧ دا ئاراستەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کردووە، پێشنیاری کرد «پرسی بەستنی کۆنگرەی چوارەم بکرێتە بەشێك لە ئەجیندای کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بڕیارە لە رۆژی ١ی حوزەیرانی ٢٠١٧ ئەنجام بدرێت». بەڵام ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەو رۆژە کۆ نەبۆوە و کۆبونەوەکە بۆ ١٥ی حوزەیران دوا خرا. کاتێکیش کۆبونەوەکە بەسترا، داواکەی ئەنجومەنی ناوەند پشت گوێ خرا و بابەتی کۆنگرە نەخرایە ئەجیندای کۆبونەوەکەوە. بەڵام لە کۆبونەوەی ٢٩ی تەموزی ٢٠١٧ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، دوو لیژنە بۆ تاوتوێ کردنی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ناو حزب و لە پۆستە حکومییەکان پێك هێنران، یەکێکیان بە سەرۆکایەتیی رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش بۆ گۆڕانکاری لە ناو حزب و ئەوی تر بە سەرۆکایەتیی قادر حەمە جان بۆ گۆڕانکاری لە پۆستە حکومییەکان. دەبوایە راپۆرتەکانی هەردوو لیژنە لە ماوەی مانگێکدا ئامادە بن بۆ پێشکەش کردنیان بە کۆبونەوەی داهاتوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەڵام لەبەر سەرقاڵبونی حزب لەو ماوەیە بە چەردەیەك پرسی گرنگی وەك پرۆژەی پاکێجی حەوت خاڵی و هەوڵەکانی کاراکردنەوەی پەرلەمان و کاروباری ریفراندۆمی چارەی خۆنوسین، دواتریش کۆچی دوایی تاڵەبانی لە ٣ی تشرینی یەکەمدا و هەڵایسانی شەڕ لە نێوان هێزەکانی عیراق و هێزی پێشمەرگە لە ناوچە جێناکۆکەکان لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا، دەرفەتێکی زۆر بۆ زوو تەواوکردنی راپۆرتەکان نەرەخسا.

لیژنەی گۆڕانکاریی حزبی کە بە سەرۆکایەتیی رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد، لە حەوت ئەندام پێك هاتبوو کە ئەمانەن: فەرید ئەسەسەرد، جەمیل هەورامی، پەروین کاکە حەمە، سامان گەرمیانی، بەرزان ئەحمەد کوردە،

حەمەی حەمە سەعید و هەڵۆ پێنجوێنی. لیژنەکە لە کۆبونەوەکانیدا، دوو بڕاردەی گرنگی تاوتوێ کرد، یەکێکیان هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، ئەوی دیکە پێشنیاری بەستنی کۆنگرەی چوارەم بوو لە ٣١ی کانونی دووەمی ٢٠١٨دا.

لە ٢٣ی تشرینی یەکەمدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی ناوەند چەند بڕیارێکی دەرکرد، لەوانە بڕیارێکی تایبەت بە کۆنگرە، تێیدا هاتبوو «ئەنجومەنی ناوەند لەو باوەڕە دایە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەبێ بەستنی کۆنگرە، ناتوانێت لە ئاستی ئەو لێپرسراوەتییە مێژووییە بێت کە کەوتۆتە سەر شانی، بۆیە ئەنجومەنەکەمان جەخت دەکاتەوە سەر پێویستیی بەستنی کۆنگرە لە ماوەیەك کە لە مانگی شوباتی ٢٠١٨ تێنەپەڕێت. لەم بوارەدا ئامادەی هەماهەنگین لەگەڵ ئۆرگانە پەیوەندیدارەکان بۆ بەستنی کۆنگرە». لەم بڕیارەدا عادل موراد سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو.

لە ٢٨ ی تشرینی یەکەمدا لیژنەی چاکسازی و گۆڕانکاری لە ناو حزب، کارەکانی تەواو کرد و راپۆرتەکەی بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئامادە کرد. لە ٢٩ی تشرینی یەکەمدا لە هەشت ئەندامەکەی لیژنەکە، حەوتیان راپۆرتی لیژنەکەیان واژۆ کرد و تەنها پەروین کاکە حەمە رەتی کردەوە.

لە ٤ی تشرینی دووەمدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە سلێمانی بەسترا و تێیدا بڕگە بەراییەکانی راپۆرتەکە دەربارەی هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی و بەستنی کۆنگرە خوێندرانەوە. بڕگەی یەکەم کە تایبەت بە هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، لە دەنگداندا زۆرینەی بەدەست هێنا، بەڵام ئەم ئەنجامە کەشی کۆبونەوەکەی تێکدا چونکە هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ناڕەزاییان دەربڕی و بە توڕەییەوە هۆڵی کۆبونەوەیان بەجێ هێشت. ئەمەش بووە هۆی تێکچونی ئەجیندای کۆبونەوەکە. لەم سۆنگەیەوە کۆبونەوەکە نەیتوانی بچێتە سەر تاوتوێ کردنی بڕگەی دووەم کە تایبەت بوو بە پێشنیاری بەستنی کۆنگرەی چوارەم لە کۆتایی کانونی دووەمی ساڵی داهاتوودا.

قەیرانی هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی درێژەی کێشا، نەخۆش کەوتنی جێگری سکرتێری گشتیشی بەسەردا هات. بۆیە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ بڕیاردان لەسەر بەستنی کۆنگرە، بۆ ماوەیەکی دور و درێژ بە هەڵپەسێردراوی مایەوە. هەرچەند هەوڵەکانی مراندنی بابەتی کۆنگرە هەر بەردەوام بون، بەڵام فشار بۆ بەستنی کۆنگرە تا دەهات توندتر دەبوو. لە ٢٠ی تشرینی دووەمدا ئەنجومەنی ناوەند لە راگەیەنراوێکدا داوای لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرد «بە زوترین کات» کۆ ببێتەوە و بڕیار لەسەر دیاریکردنی رۆژی بەستنی کۆنگرە بدا و هەڕەشەی کرد کە ئەگەر ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەم کارە نەکات، ئەنجومەنی ناوەند «ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت و بڕیار لە رۆژی بەستنی کۆنگرە دەدات». هەر لەم چوارچێوەیەدا، لە ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ دا قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی بڵاو کردەوە، تێیدا ئاماژەی بەوە دا کە حزب «لە دۆخێکی سەخت و دژوار و نالەبار دایە» و پێشنیاری کرد حزب «دڵسۆزانە هەڵسەنگاندن بۆ خۆی بکات، بە خۆیدا بچێتەوە و دەست بخاتە سەر برینەکانی و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، دان بە هەڵەکانیدا بنێت و خۆی بۆ قۆناغی نوێی خەباتی سیاسی لە کوردستان و عیراق و ناوچەکەمان ئامادە بکات»، هەروەك ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە کۆنگرە «زەمینەسازیی دەوێت» و نابێ بە «شپرزەیی و بە نیەتی کودەتا» ببەسترێ و لەم سەروبەندەدا پێشنیاری

کرد کۆنگرەی چوارەم تا کۆتایی کانونی دووەمی ٢٠١٨ ببەسترێ. ئەم پەیامە نیشانی دەدا کە لە ناو حزب رایەك هەبوو وای دەبینی کە داواکردنی بەستنی کۆنگرە ئارەزوی «کودەتا»ی لە پشتەوەیە.

لە ٢٥ی تشرینی دووەمدا راوێژکارانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا داوای بەستنی کۆنگرەیان کرد بۆ ئەوەی ئەو کۆنگرەیە «ببێتە هۆی دەرفەت دروست کردن بۆ هێنانە پێشەوەی نەوەیەکی نوێی سەرکردایەتی، بۆ پێداچونەوە بە سیاسەت و ستراتیجی کارکردنی حزب». لە ٢٨ی تشرینی دووەمدا پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شارباژێڕ، دوکان، دەربەندیخان، قەرەداغ، کۆیە و گەرمیان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا داوای بەستنی کۆنگرەی چوارەمیان کرد بۆ ئەوەی ئەو کۆنگرەیە کار بۆ «یەکلاکردنەوەی هەموو کێشە و قەیرانەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» بکات.

لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا، لەگەڵ گەرمبونی باس و خواسی بەستنی کۆنگرەدا، دکتۆر محەمەد سابیر دوو پرۆژەی بۆ کۆنگرەی چوارەم بڵاو کردەوە کە چەردەیەك تێڕوانین و بۆچونی بۆ مۆدێرنێزەکردنی پەیکەری حزب لە خۆ گرتبوو و داوای کرد کۆنگرەی چوارەم پێش هەڵبژاردنەکانی عیراق و کوردستان ببەسترێ.

لە ٢ی کانونی یەکەمدا ژمارەیەك کادیری پێشکەوتوو، بە مەبەستی دروست کردنی فشار بۆ بەستنی کۆنگرە، رەوتێکیان بە ناوی «نوێکردنەوە و دروست کردنەوەی یەکێتی» راگەیاند، بەڵام مەکتەبی رێکخستن لە راگەیەنراوێکدا دژی پێکهێنانی رەوتەکە وەستایەوە و وای بۆ چوو کە کارەکە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆدا وێك نایەتەوە و «هەوڵێکیشە بە مەبەستی لەمپەردانان لە بەردەم بەستنی چوارەمین کۆنگرەدا»، بۆیە داوای لە کادیرە دامەزرێنەرەکانی رەوتەکە کرد «لە رێگای وێستگە شەرعییەکانەوە هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بنێن». هەروەها لە ٨ی کانونی یەکەمدا دیدارێك لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کۆنگرە ساز کرا کە هەر یەك لە فەرید ئەسەسەرد، کاروان ئەنوەر، سەرتیپ جەوهەر و ناسر کرێت بەشدارییان تێدا کرد. مەبەست لە دیدارەکە راگۆڕینەوە و گفتوگۆی هێمنانە بوو لەسەر بارودۆخی حزب و تاوتوێ کردنی بژاردەی پێویستیی بەستنی کۆنگرە.

لە ١٨ ی کانونی یەکەمدا هێرۆ برایم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە لێدوانێکدا بۆ «کوردستانی نوێ» پێشنیاری کرد کۆنگرەی چوارەم لە ٧ ی ئازاری ٢٠١٨ دا ببەسترێ. ئەو رۆژەی کە بۆ بەستنی کۆنگرە پێشنیار کرا بوو، ساڵوەگەڕی رزگارکردنی شاری سلێمانی و دەوروبەری بوو لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا. پێشنیارەکە جۆش و خرۆشێکی هێنایە ئاراوە، بەڵام هیچ هەنگاوی کردەیی بە دوادا نەهات.

لە ٢٢ ی کانونی دووەمی ٢٠١٨ دا دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆکی کۆماری عیراق و ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆششێکی ناوبژیوانیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی دەست پێ کرد و لەم کۆششەیدا چاوی بە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کەوت. لە ٢٤ی کانونی دووەمدا بە هەوڵ و تەقەللای دکتۆر فوئاد مەعسوم، کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەبێ ئامادەبونی ژمارەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەوانە مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، دکتۆر نەجمەددین کەریم، ئەرسەلان بایز، جەعفەر شێخ مستەفا و عومەر فەتاح بەسترا. هەرچەند کەشێکی بێ متمانەیی بەسەر

کۆبونەوەدا زاڵ بوو، بەڵام لە کۆتاییدا کۆبونەوەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە کۆنگرەی چوارەم لە ٣ ی ئازاری داهاتوودا ببەسترێ، هەروەها بەرامبەر بە وازهێنان لە هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی، پێشنیار کرا کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە کە لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرە پێك هێنرا بوو، هەڵبوەشێنرێتەوە و کۆمیسیۆنێکی تر هەڵبژێردرێ کە بتوانێ ئەرکی دابین کردنی پێداویستییەکانی کۆنگرە فەراهەم بکات و هەر ئەم کۆمیسیۆنە تا بەستنی کۆنگرە رابەرایەتیی حزب بکات. بەڵام ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە هەڵنەبژێردران، چونکە سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکە عەدنان موفتی نەیهێشت هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە بکرێ و پێشنیاری کرد هەڵبژاردنەکە بۆ کۆبونەوەی ئاینده دوا بخرێ. بە هۆی ئەمەوە کۆبونەوەکە بەبێ راگەیاندنی هیچ بڕیارێك کۆتایی هات. لە کۆبونەوەکەدا دکتۆر فوئاد مەعسوم هەوڵێکی زۆری بۆ لێك نزیك کردنەوەی بۆچونە جیاوازەکان دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

رۆژی دواتر گەڕی دووەمی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە بەشداریی دکتۆر فوئاد مەعسوم و بە سەرپەرشتیی کۆسرەت رەسول عەلی و عەدنان موفتی دەستی پێ کرد. کۆبونەوەکە وادەی بەستنی کۆنگرەی هەموار کردەوە و ٥ی ئازاری بۆ بەستنی کۆنگرە چەسپاند بەڵام دکتۆر فوئاد مەعسوم و عەدنان موفتی و ژمارەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە بڕیارەکانی کۆبونەوەی پێشوو پاشگەز بونەوە و پێشنیاریان کرد دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی حزب بە کۆمیسیۆنی پێشنیارکراو نەدرێ و تا بەستنی کۆنگرە کۆسرەت رەسول عەلی وەك جێگری سکرتێری گشتی، حزب بەڕێوە ببا. هەرچەند پێشنیارەکە پێچەوانەی رێککەوتنی دوێنێ بوو، بەڵام زۆربەی ناڕازییەکان پەسندیان کرد بۆ ئەوەی کۆبونەوەکە هەنگاوێك بۆ پێشەوە بچێ. سەبارەت بە هەڵبژاردنی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەش، پێشنیار کرا ئەم کارە بۆ گەڕی سێیەمی کۆبونەوەکە دوا بخرێ، ئەویش بۆ ئەوەی ئەندامە نەهاتووەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەشدار بن لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیسیۆنەکەدا.

لە ٢٧ ی کانونی دووەمدا کە دەبوایە گەڕی سێیەمی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەست پێ بکا، کۆبونەوەکە لەبەر تەواو نەکردنی رێژەی یاسایی ئەنجام نەدرا. بەڵام پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ماڵی کۆسرەت رەسول عەلی کۆ بونەوە و کۆمیسیۆنێکیان لە شەش ئەندام بۆ ئامادەکاریی کۆنگرەی چوارەم هەڵبژارد بەڵام ئەم هەوڵەش سەری نەگرت و کۆمیسیۆنەکە لە یەکەم رۆژی پێکهێنانیدا پوکایەوە.

هیچ یەکێ لە سێ بڕیارەکەی سێ گەڕەکەی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی جێبەجێ نەکران و لەم سۆنگەیەوە مەسەلەی بەستنی کۆنگرە هیچ هەنگاوێکی بۆ پێشەوە هەڵنەهێنا.

لە ٢٨ی کانونی دووەمدا کۆبونەوەیەکی راوێژکارانە بە ئامادەبونی ژمارەیەك ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب لە دەباشان بەڕێوە چوو، تێیدا مەسەلەی کۆنگرە تاوتوێ کرا و ئامادەبووان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە هەمان کۆمیسیۆنی باڵای ساڵی ٢٠١٣ ی ئامادەکاری کۆنگرە دەست بە کارەکانی خۆی بکاتەوە. لە رۆژانی پاشتردا کۆنتاکتی نێوان لایەنەکان ، پشتیوانیی بۆ پێشنیارەکە پەیدا کرد. لە ٥ی شوباتی ٢٠١٨ دا، کۆمیسیۆنە کۆنەکەی ساڵی ٢٠١٣ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی، بە سەرپەرشتیی کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی، بە ئامادەبونی

زۆربەی لێپرسراوانی لیژنەکان، پاش چوار ساڵ وەستان، کۆبۆوە و راپۆرتە کۆنەکانی لیژنەکانی تاوتوێ کرد و بڕیاری دا راپۆرتە تەواونەکراوەکان یان ئەو راپۆرتانەی کە پێویستیان بە هەموارکردنەوە و پێداچونەوە هەیە، لە ماوەی دە رۆژدا، رادەستی کۆمیسیۆن بکرێن.

لەو ماوەیەدا مەسەلەی بەستنی پلینۆم لەبری کۆنگرە هاتە ئاراوە و مەسەلەکە وا نمایش کرا کە پلینۆم دەتوانێ هەندێ گۆڕانکاریی میانڕەوانە بێنێتە دی، سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بگۆڕێ و هەندێ بڕیار سەبارەت بە چاکسازیی ناوخۆیی دەر بکات.

ئەنجومەنی ناوەند رۆڵێکی گەورەی لە کاراکردنەوەی فایلی کۆنگرەدا گێڕا. لە ١٢ی شوباتدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی ناوەند پێشنیاری بەستنی کۆبونەوەیەکی هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرد و لە راگەیەنراوێکدا کە هەر ئەو رۆژە بڵاوکرایەوە، ئەنجومەنی ناوەند پێشنیاری کرد هەردوو ئەنجومەن لە کۆبونەوە هاوبەشەکەدا «پێکەوە بڕیار لەسەر رۆژی بەستنی کۆنگرە بدەن». لە ١٥ ی شوباتدا کۆبونەوە هاوبەشەکە بە سەرپەرشتیی عادل موراد سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند و کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی و هێرۆ برایم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەڕێوە چوو، تێیدا هەردوو بژاردەی کۆنگرە و پلینۆم تاوتوێ کران و لە دواییدا کۆبونەوەکە لە راگەیەنراوێکی فەرمیدا بڕیاریدا لە ٥ی ئازاردا کۆنگرەی چوارەم ببەسترێ، بەڵام وا بە باش زانرا کە بڕیارەکە بە شێوەی «پێشنیار» بخرێتە بەردەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە بڕیار بوو لە ماوەی پێنج رۆژی داهاتودا ئەنجام بدرێ.

لە ٢٠ی شوباتدا ئەنجومەنی ناوەند پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی تازەی بۆ کۆنگرەی چوارەم بە شێوەی نامیلکەیەکی بچوك بڵاو کردەوە. لە ماوەی ئەو پێنج رۆژەی کە بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری کرا بوو، کۆبونەوەکە نەبەسترا و مەسەلەی کۆنگرە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە . ئەمەش بووە مایەی زیادکردنی گرژی و کاڵبونەوەی زیاتری متمانە بە یەکتری لە ناو دامەزراوەی سەرکردایەتیدا. لە ئاکامدا ئەو رایە سەقامگیر بوو کە هەندێ گروپی ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی هێشتا لە بەستنی کۆنگرە دڕدۆنگن و کۆسپی بۆ دروست دەکەن. ئەمەش ئاستی گرژییەکانی بەرەو هەڵکشان برد.

لە ٢٢ی شوباتدا هێرۆ برایم ئەحمەد لە نامەیەکدا بۆ کۆسرەت رەسول عەلی نیگەرانیی لە ئەنجام نەدانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەربڕی و داوای کرد کۆبونەوەکە «بە زوترین کات» ساز بکرێ و لەو کۆبونەوەیە «رۆژی بەستنی کۆنگرە بە فەرمی رابگەیەنرێت». لە ٢٤ ی شوباتدا کۆسرەت رەسول عەلی بە نامەیەکی توندتر وەڵامی نامە توندەکەی هێرۆ برایم ئەحمەدی دایەوە، بە پیادەکردنی «سیاسەتە چەوتەکان» تۆمەتباری کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «کاتێك چارەنوسی یەکێتی بە ئەنجامدانی کۆنگرەوە دەبەسترێتەوە و بە حوکمی پێگەی سیاسی و حزبیمان، ئۆباڵە مێژوییەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە» و لەم رووەوە رونی کردەوە کە ئەو لەگەڵ بەستنی کۆنگرەدایە «لە نزیکترین دەرفەتدا»، بەڵام هیچ کاتێکی بۆ بەستنی کۆنگرە دیاری نەکرد، چەند مەرجێکیشی بۆ جۆری ئەو کۆنگرەیە دیاریکرد کە خوازیاری بەستنێتی. ناوەڕۆکی نامەکانی نێوان دوو جەمسەرە گەورەکەی ئەو کاتەی سەرکردایەتیی حزب، رەنگدانەوەی بێمتمانەیی و خراپیی پەیوەندییە ناوخۆییەکان بوو.

لە ٢٥ ی شوباتدا لە نامەیەکدا بۆ کۆسرەت

ڕەسول عەلی کە زوبێر عوسمان جێگری سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند واژۆی کردووە، ئەنجومەنی ناوەند داوای بەستنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کرد بۆ ئەوەی بڕیاری بەستنی کۆنگرە بدات پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق. بەپێی نامەکە «ئەگەر کۆبونەوەی سەرکردایەتی تا ١ی ئازاری ٢٠١٨ ئەنجام نەدرێ، ئەنجومەنی ناوەند لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو کۆ دەبێتەوە و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیارەکە ساغ دەکاتەوە». ئەم نامە و نامەکارییە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی گرژتر کرد و لە ئاکامدا دۆخێکی پڕ بێئومێدی باڵی بەسەر کادیران و جەماوەری حزبدا کێشا.

بەڵام سەرەڕای سەختیی ڕەوشەکە، هێشتا تروسکایی لە کۆتایی تونێلەکە دەبینرا و هێشتا هەوڵەکانی سازان پشوویان لێ نەبڕا بوو، بەتایبەتی کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەڕێوە بوو و حزب بە هۆی ململانێی ناوخۆییەوە، هێشتا خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو. لەو هەلومەرجەدا بزاوتێکی دپلۆماتکارانەی چڕ بۆ چاککردنی ڕەوشەکە بە هەر نرخێك بێ، دەستی پێ کرد و گروپە ناکۆکەکانی لێك نزیك کردەوە. ئەمەش دەرفەتێکی گونجاوی بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ڕەخساند. لەم ڕووەوە هەموو هەوڵەکان خرانە گەڕ بۆ فریاکەوتنی حزب چونکە هەموو گروپە ناکۆکەکان دەیانزانی قەیرانەکە لە لێواری تەقینەوە دایە و پێشبینیی هەموو ئەگەرێکی لێ دەکرێ. لەو دۆخە ئاڵۆزەدا گروپە ناکۆکەکان بە سازانێکی گونجاو گەیشتن و ڕێیان لە تەقینەوەی دۆخەکە گرت.

لە ١٧ی ئازاری ٢٠١٨ دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە ئامادەبونی ٤٣ ئەندام، بە سەرپەرشتیی جێگری سکرتێری گشتی کۆ بۆوە و پشتیوانیی لەو سازانە کرد کە گروپە ناکۆکەکان پێی گەیشتبوون. ئەنجومەنی سەرکردایەتی تەواوی دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتیی بە جێگری سکرتێری گشتی کۆسرەت ڕەسول عەلی دا. هەروەها متمانە بە ئەندامانی پێشوی مەکتەبی سیاسی بەخشرایەوە، بەڵام پرۆسەکە بەرگی «هەڵبژاردنەوە»ی وەرگرت و ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ١٧ ئەندامەوە (بە جێگرەکانەوە) هێنرایە سەر ١٥ ئەندام. سەبارەت بە خۆ ئامادەکردنیش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، کۆبونەوەکە بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی دا و ئەرکی ڕاپەڕاندنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پێ سپارد و لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆبونەوەکەدا ئاماژەیەکی ڕون بەوە کرا کە تەنها لیستی ژمارە ١٦٢ لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. ئەمەش ئەو پەیامەی تێدا بوو کە حزب لیستەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح ڕەت دەکاتەوە و بە هی خۆی نازانێ. دکتۆر بەرهەم ساڵح لیستێکی سەربەخۆی بە ناوی لیستی هاوپەیمانی ڕاگەیاند بوو و هەوڵی دەدا دەنگی یەکێتییەکان بە لای خۆیدا ڕابکێشێ، گوایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە دوو لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکات.

سەبارەت بە کۆنگرەی چوارەمیش، کۆبونەوە سێ بڕیاری لەم بارەیەوە دەرکرد. یەکەم، بڕیار درا پرسی بەستنی کۆنگرە بۆ دوای هەڵبژاردن بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە. دووەم، بڕیار درا ژمارەی ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە زیاد بکرێ، لە ٣ ئەندامەوە بکرێ بە ٧ و هەر لەوێ هەر یەك لە سامان گەرمیانی، مستەفا چاوڕەش، فەرید ئەسەسەرد و شۆڕش ئیسماعیل وەك ئەندامانی تازە بۆ کۆمیسیۆن زیاد کران. سێیەم، بڕیار درا کۆمیسیۆن بەردەوام بێ لەسەر کارەکانی خۆی و دەسەڵاتی دیاریکردنی وادەی کۆنگرەشی پێ درا.

پاش کۆبونەوەکە راگەیەندراوی کۆتایی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە بڕگەیەکی تایبەتدا ئاماژەی بە پرسی کۆنگرە دا و رونی کردەوە کە کۆبونەوەکە بڕیاری داوە پاش تەواوبونی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، کە بڕیارە لە ١٢ ی ئایاری ٢٠١٨ ئەنجام بدرێت، وادەی بەستنی کۆنگرەی چوارەم دیاری بکرێ.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٨ کورسیی لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١٨ ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەدەست هێنا. ئەم ئەنجامە، بە بەراورد لەگەڵ قەوارەی کێشە کەڵەکەبووە چارەسەرنەکراوەکانی حزب، ئەنجامێکی گونجاو و ئومێدبەخش بوو، بەتایبەتی لە کەرکوك و سلێمانی. ئەم ئەنجامە تا رادەیەکی زۆر کاریگەریی باشی لەسەر هێورکردنەوەی گرژییە ناوخۆییەکان هەبوو، بەڵام نەك تا ئەندازەی بنبڕکردنیان.

پاش هەڵبژاردن، بابەتی بەستنی کۆنگرە، بەڵام ئەمجارە لە کەشێکی هێورتردا، سەری هەڵدایەوە. گفتوگۆکان دەریانخست کە هێشتا هەندێ لە گروپەکانی ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی لە بەستنی کۆنگرە نیگەرانن. بۆیە لەم سەروبەندەدا پێشنیاری پلینۆم هاتە ئاراوە بەو مەبەستەی کە بەستنی کۆنگرە بۆ کاتێکی لەبارتر هەڵبگیرێ. لەم پێشنیارەدا پشت بەوە بەسترا کە پلینۆم بەپێی ماددەی ٢٢ی پەیڕەوی ناوخۆ، رێی داوە سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند بگۆڕدرێن. لە گەرمەی ئەو مشتومڕەی کە لەسەر بەستنی کۆنگرە یان پلینۆم لە ئارادا بوو، لە ٢ی حوزەیرانی ٢٠١٨دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە سلێمانی بەسترا و تێیدا پرسی بەستنی کۆنگرە یان پلینۆم خرایە ئەجێندای کۆبونەوەکە. لە ٣ی حوزەیراندا، لە رۆژی دووەمی کۆبونەوەکەدا، پرسی بەستنی کۆنگرە یان پلینۆم تاوتوێ کرا و پاش گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل، کۆبونەوەکە سێ بڕیاری لێ کەوتەوە. یەکەم، بە زۆرینەی دەنگ مەسەلەی بەستنی پلینۆم خرایە لاوە و بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرە درا. دووەم، پاش تاوتوێ کردنی مەسەلەی ئەوەی کە ئاخۆ کۆنگرە بکەوێتە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ ئەیلولی ٢٠١٨ یان پاش هەڵبژاردن، زۆرینە پشتگیریی ئەوەی کرد کە کۆنگرە پێش هەڵبژاردن ببەسترێ، بەڵام مقۆمقۆی ئەگەری دواخستنی هەڵبژاردن کەشێکی وای پێك نەهێنا کە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەم بارەیەوە بدرێ. ئەوەی کە لەم کۆبونەوەیە تازە بوو، هێنانە ئارای بژاردەی سازان بوو وەك مەرجێك بۆ بەستنی کۆنگرە کە لە کۆبونەوەکانی پێشتری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە هیچ شێوەیەك نەوروژێنرا بوو.

هەرچەند بژاردەی سازان بۆ حزبێك کە خوازیارە پەرە بە دیموکراسی بدا و رابەرایەتیی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بکا، وەك بژاردەیەکی نمونەیی نایەتە بەرچاو، بەڵام لەو گۆشە نیگایەوە تەماشای بژاردەکە کرا کە دەرفەتێکە بۆ دەربازبون لە چەقبەستویی و خۆ راپسکاندن لە فشاری دوبەرەکییە ناوخۆییەکان.

لە ٦ی تەموزدا کۆبونەوەیەکی نا فەرمی لە ماڵی کۆسرەت رەسول عەلی لە سلێمانی ساز کرا، تێیدا بژاردەی سازان وەك دەریچەیەك بۆ دەربازکردنی حزب لە فۆبیای کۆنگرە تاوتوێ کرا. لە کۆبونەوەکەدا بڕیار درا پەیکەرێکی نوێ بۆ حزب پێشنیار بکرێ بۆ ئەوەی هەموو گروپەکانی ناو حزب لێی سودمەند بن و لە هەمان کاتدا دەرگا بە روی هەندێ گۆڕانکاری لە ستراکچەری سەرکردایەتی و شێوەی بەڕێوەبردنی دامەزراوە حزبییەکاندا بکرێتەوە.

بەشداربووانی کۆبونەوەکە حەوت کەس بوون کە گروپەکانی ناو حزب ئەرکی گەڵاڵەکردنی پرنسیپی

سازانێکی هاوسەنگیان پێ سپارد بوون. ئەوانەی لە کۆبونەوەکەدا بەشدار بون ئەمانەن: لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، هەر یەك لە دکتۆر جوان ئیحسان، فەرید ئەسەسەرد و شالاّو کۆسرەت رەسول و لە کادیرە پێشکەوتووەکان هەر یەك لە دکتۆر یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئازاد وەرتی ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند، سەمیر هەورامی راوێژکاری قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەردار فەقێ بەڕێوەبەری ئۆفیسی کۆسرەت رەسول عەلی.

کۆبونەوەکە پاش تاوتوێ کردنی سێ پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ کە یەکێکیان ئەنجومەنی ناوەند ئامادەی کردبوو، ئەوی تر فەرید ئەسەسەرد و سێیەمیان مەکتەبی رێکخستن، بڕیاریدا پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی ناوەند بکرێتە بنچینەی سەرەکیی ئەو پەیڕەوی ناوخۆیەی کە سازانی تێدا بەرجەستە دەکرێ، بە سود وەرگرتن لە دوو پڕۆژەکەی تر. لەو کۆبونەوەیە رێککەوتن لەسەر پەیکەری حزب کرا و تاوتوێ کردنی دەسەڵاتەکان بۆ کۆبونەوەی داهاتوو هێڵدرایەوە. لە ٧ی تەموزدا کۆبونەوەی دووەم لە هەمان شوێن و بە ئامادەبونی هەموو ئەندامانی کۆبونەوەی پێشوو بەسترا. لەو کۆبونەوەیەدا بابەتەکانی سەرۆکی حزب، ئەنجومەنی جێبەجێکار، ئەنجومەنی دانایان، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی دەڤەرەکان و شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی تاوتوێ کران. وردەکاریی ئەم بابەتانە و هەندێ بابەتی تر بۆ کۆبونەوەی داهاتوو هێڵدرانەوە.

کۆبونەوەی سێیەم لە ١٠ی تەموز لە هەولێر لە ماڵی کۆسرەت رەسول عەلی بەسترا و تێیدا پەیڕەوی ناوخۆی پێشنیارکراو لەسەر بنەمای سازان پاش گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل پەسند کرا و بڕیار درا بەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا دابەش بکرێ. سەرەڕای هەموو هەوڵەکان و سەرەڕای ئەوەی کە پرۆسەکە، بە رێژە و بە بەراورد لەگەڵ جاران، هەندێ پێشکەوتنی بەدەست هێنا بوو، بەڵام تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ هەوڵەکە پوکایەوە. لەو ماوەیەدا دوو دیاردەی هاوتەریب هاتنە ئاراوە. دیاردەی یەکەم سەرقاڵبونی سەرکردایەتیی حزب بوو بە زنجیرەیەك چالاکیی گشتی لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق کە هیچ دەرفەتێکیان بۆ وروژاندنی پرسی کۆنگرە نەهێشتەوە. هەندێ لەو بابەتانەی کە سەرکردایەتی پێوەی سەرقاڵ بوو، بابەتی چارەنوسساز بون، لەوانە خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ی ئەیلولدا. خەمی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باشتر لە ئەنجامە بەدەستهێنراوەکەی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمان، خەمێکی سەرەکی بوو کە دەبوایە هەموو هێز و تواناکانی بۆ تەرخان بکرێ. لەو هەڵبژاردنەدا حزب ٢١ کورسیی بەدەست هێنا. ئەمە دەرفەتی ئەوەی پێك هێنا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێم پلەی دووەم بەدەست بێنێ و لەسەر ئاستی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە براوەی یەکەم بێ. دوا بە دوای ئەم هەڵبژاردنە، حزب بە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی چوارەمی حکومەتی فیدرالەوە سەرقاڵ بوو. پرۆسەکە ئاڵۆزییەکی زۆری لە پەیوەندییەکانی حزب لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دروست کرد، بەتایبەتی پاش ئەوەی کاندیدی حزب، دکتۆر بەرهەم ساڵح، لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا سەرکەوتنی بەسەر کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەدەست هێنا. لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ بە دواوە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر هەموو ئاستەکان لە بەغدا دژایەتیی حزبی کرد و فشارێکی زۆری خستە سەر سەرۆکی وەزیرانی عیراق عادل عەبدولمەهدی بۆ بێبەش کردنی حزب لە هەموو پۆستێکی وەزاری

له کابینەی تازەدا. هەروەها له کەرکوکیش هەوڵی دا بەربەست له بەردەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا دروست بکا و ڕێ له هەڵبژاردنی پارێزگارێکی تازە بگرێ. له دانوستانەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمیش ئاڵۆزییەکان توندتر بون و گرژییەکان بەرەو ژورتر هەڵکشان.

سەرەڕای ئەو ئاڵۆزییانەی که لەو ماوەیەدا سەریان هەڵدا، له ناوخۆدا سەرکردایەتیی حزب تا ئەندازەیەکی زۆر یەکڕیزیی خۆی پاراست و کەشێکی به بەراورد لەگەڵ لەمەوبەر تەباتر و سەقامگیرتر بەسەر پەیوەندییە ناوخۆییەکاندا زاڵ بوو که هاندەر بوو بۆ بەرەنگاربونەوەی ئاڵنگارییەکان به یەکگرتویی.

بەهێزترین ئاماژەی فەرمی بۆ یەکلابونەوەی مەسەلەی بەستنی کۆنگرە، ئاماژە ڕون و راشکاوەکەی ناو وتارەکەی کۆسرەت رەسول عەلییە له ٢٠ی شوباتی ٢٠١٩ له کۆبونەوە فراوانەکەی کادیرە پێشکەوتووەکاندا له هۆڵی تەلاری هونەر له سلێمانی که تێیدا وتی « دڵنیاتان دەکەینەوە که له کاتێکی زۆر نزیکدا کۆنگرە دەبەستین» ، هەروەها به سوربونەوە وتی «کۆنگرە دەبەستین و وەڵامی ئەوانە دەدەینەوە که دەڵێن ناتوانن کۆنگرە ببەستن. کۆنگرەیەك ئەنجام دەدەین یەکێتییانە بێ».

له ٢٥ی شوباتی ٢٠١٩دا پلانێك بۆ پەرەپێدانی گوشاری مەدەنی دانرا و ژمارەیەك کادیر که ژمارەیان نزیکەی پانزە کەس دەبوو، بڕیاریاندا له چنارۆك له کۆیە کۆبونەوەیەکی راوێژکارانە بۆ تاوتوێ کردنی پرسی کۆنگرە رێك بخەن. بەڵام له ٢٦ی شوباتدا رێکخەرانی کۆبونەوەکە ئاگادار کرانەوە که جارێ کاتی وروژاندنی بابەتی کۆنگرە نیە چونکە حزب سەرقاڵی وتووێژێکی سەختە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و نایەوێ سەرقاڵی بابەتی تر بێ.

لەو ماوەیەدا حزب سەرقاڵی دانوستانێکی سەخت بوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان له سەروبەندی خستنە گەڕی هەوڵەکاندا بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم. تێڕوانینەکان لەم بارەیەوە له یەکتری دور بون. له کاتێکدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان له دانوستاندا خوازیار بوو هەر سێ بابەتی رێککەوتنی سیاسیی پەیوەست به وردەکارییەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و پرسی هەڵبژاردنی پارێزگارێکی نوێ بۆ کەرکوك و یەکلاکردنەوەی بابەتی وەزارەتی دادی حکومەتی فیدرال، وەك یەك پاکێج، تاوتوێ بکات، پارتی دیموکراتی کوردستان دەیویست دانوستان تەنها رێککەوتنی سیاسیی پەیوەیست به پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بگرێتەوە. بەڵام پاش دانوستانێکی درێژ خایەن، هەردولا سەبارەت به هەر سێ بابەت گەیشتن به رێککەوتن.

دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، حزب دەستی ئاوەڵا بوو بۆ خۆ تەرخان کردن بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی کۆنگرە و لێرە به دواوە قۆناغی کردەیی دەستی پێ کرد که دەشێ به قۆناغی یەکلاکردنەوەی پرسەکە ناو بنرێ. له راستیدا ئەگەر لەمەوبەر هەڵبژاردنە یەك له دوای یەکەکان و دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەت، کرا بن به بیانوو بۆ دواخستنی بەستنی کۆنگرە، ئەوا پاش پێکهێنانی کابینەی نۆیەم هیچ بەهانەیەك بۆ خۆدزینەوە له بەستنی کۆنگرە نەما.

ئەم قۆناغە بەوە له قۆناغەکانی پێشتر جیا دەکرێتەوە که کادیرەکانی حزب گروپی فشاری بەهێزیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حزب و کارکردنە سەر دامەزراوەی سەرکردایەتی و ئاراستەکردنی رووەو بە هەند وەرگرتنی پرسی بەستنی کۆنگرە، دروست کرد بوو.

له ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٩دا ئەنجومەنی ناوەند یاداشتێکی ئاراستەی جێگرانی سکرتێری گشتی کرد، تێیدا ئەنجامی راپرسییەکی سەبارەت

به بەستنی کۆنگرەی چوارەم بەرچاو خستبوو. یاداشتەکە نیشانی داوە کە ئەنجومەنی ناوەند لە ماوەی نێوان ٢٩ی کانونی یەکەمی ٢٠١٨ و ١٨ی نیسانی ٢٠١٩ دا سەردانی مەڵبەندەکانی ڕێکخستنی سلێمانی، گەرمیان، شارەزور، چەمچەماڵ و خانەقینی کردووە و ڕاپرسیی سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەی چوارەم کردووە. ڕاپرسییەکە دەری خستبوو کە ٨٣٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پشتگیریی بەستنی کۆنگرەیان کردووەو ١٧٪ ڕەتیان کردۆتەوە. بەکارهێنانی ڕاپرسی بۆ دیاریکردنی ئاراستەکانی ڕای گشتی لە ناو ڕێکخراوەکانی حزب، گوزارشت بوو لە ئاستێکی باڵای پەی بردن بە گرنگیی شێوازی خەباتی مەدەنی.

ڕێکخستنەکانی دەرەوەش پەیان بە گرنگیی بەستنی کۆنگرە بردبوو. لە ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠١٩دا ناوەندی ڕێکخستنەکانی دەرەوە لە هۆڵی خاك لە سلێمانی دەستی بە زنجیرەك کۆبونەوە کرد کە شاناز برایم ئەحمەد لێپرسراوی ناوەندی ڕێکخستنی دەرەوە سەرپەرشتیی کردووە و ژمارەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند بەشدارییان تێدا کرد. بابەتی سەرەکیی کۆبونەوەکان گفتوگۆکردن بوو لەسەر چۆنێتیی هێنانە کایەی هەماهەنگییەکی زۆرتر لە نێوان ناوەندی دەرەوە و ئۆرگانەکانی حزب لە دەرەوەی وڵات، بەڵام تەوەرێکی گرنگی کۆبونەوەکان جەخت کردن بوو لەسەر پێویستیی هەنگاونان بەرەو دابین کردنی پێداویستییەکانی کۆنگرەی چوارەم. لە ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆبونەوەکاندا پێویستیی بەستنی کۆنگرەی چوارەم دوپات کرایەوە.

لە تەموزی ٢٠١٩ بە دواوە، دەبینین بابەتی بەستنی کۆنگرە زۆرتر بە هەند وەردەگیرێ و تێڕوانینەکان بە شێنەیی و لەسەرخۆ، بەڵام بە بەردەوامی، لەسەر پرسەکە بەگشتی، زۆرتر لێك نزیك دەبنەوە. تێڕوانینی زاڵ بەسەر بیرکردنەوەی کادیرەکاندا ئەوە بوو کە مانەوەی کێشە ناوخۆییەکان بەبێ چارەسەر کاریگەریی خراپی نەك هەر لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەیە، بەڵکو لەسەر تێکڕای پرۆسەی سیاسی و سەقامگیریی گشتی هەیە. وتارێکی سەرتیپ جەوهەر کە لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاوکراوەتەوە، زۆر بە وردی گوزارشتی لەم بیرۆکەیە کردووە و تێیدا هاتووە کە خراپبونی دۆخی ناوخۆی حزب لە ماوەی نزیکەی دە ساڵی ڕابردوو «شێواوییەکی لە سنوری سەوز و بگرە لە باڵانسی هێز لە کوردستان دروست کردووە» و لەو ماوەیەدا کوردستان بە دۆخێکی «ناسەقامگیر و ئاڵۆز»دا تێپەڕیوە و یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە «ناسەقامگیریی دۆخی ناوخۆی یەکێتی و ئامادەنەبونی وەك پێویستی یەکێتی بووە لە بڕیاردان لە هەرێمی کوردستان» کە ئەمەش لە بەرەنجامی کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتووە کە حزب لە لایەك هیچ «وەڵامی بۆ خواستی هاووڵاتییانی کوردستان» نەبێ و لە لایەکی ترەوە لایەنی سیاسیی تر «ئەجیندای خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت».

لە ٢٠ی تەموزدا مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی دەستەی کارگێڕ کە نزیکەی ٩ مانگ بوو بایکۆتی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی کردبوو، کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانیی ساز کرد و پرۆژەیەکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و چاککردنی ڕەوشی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاگەیاند. ناوەڕۆك و تێڕوانینەکانی بە شێوەیەکی گشتی باش بون، بەڵام هەندێ لە بابەتەکان بە زمانێکی زبر گوزارشتیان لێ کرا بوو کە ئەمەش وای کرد کاردانەوەی توندیان لێ بکەوێتەوە. مەلا بەختیار جەختی کردە سەر ئەوەی کە حزب پێویستی بە

بەستنی کۆنگرەی چوارەمە و وای دانا کە دەسەڵاتی بەستنی کۆنگرە «لای ئەنجومەنی ناوەندە»و هیچ پاساوێك بۆ نەبەستنی کۆنگرە نەماوە. بەڵام لە ڕەوتی ڕەخنەگرتندا هەموو سنورە ڕێپێدراوەکانی بەزاند و هیچی نەبوارد، بە رادەیەك کە لە یاداشتەکەی بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند و هەموو ئۆرگانەکانی حزب، لە ژێر ناونیشانی «هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە»دا، پانتایی ڕەخنەکانی ئەوەندە فراوان کرد کە تەواوی سیاسەتی حزب و تێڕوانین و هاوپەیمانییەکانی گرتەوە و لەم سەروبەندەدا ریزەکانی حزبی بە «لێکترازاو» ناو برد و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەویسترێ کۆنگرەیەکی کرچ و کاڵ بە «پینەوپەڕۆ» ببەسترێ، بەڵام لە کۆتایی پەیامەکەیدا نیشانیدا کە ئەو پشتگیریی «لێك تێگەیشتن»دەکا و «دژی پیلانگێڕی و دوژمنایەتیی ئەم و ئەو» دەوەستێتەوە.

لە ٢١ی تەموزی ٢٠١٩دا مەکتەبی ڕێکخستن لە کۆبونەوەیەکدا کە بۆ پێداچونەوەی کاروباری ڕێکخستن کرا، پرسی کۆنگرەی تاوتوێ کرد و گفتوگۆی لەسەر میکانیزمی بەستنی کرد. بەڵام کۆبونەوەکە تێڕوانینێکی یەکگرتوی لێ نەکەوتەوە.

لە ٢٧ی تەموزدا ئەنجومەنی مەڵبەندی ٣ ی ڕێکخستنی هەولێر لە هۆڵی شەهیدانی ١ی شوبات، پرسی کۆنگرەی تاوتوێ کرد. کۆبونەوەکە بە سەرپەرشتیی لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر شاڵاو کۆسرەت ڕەسول و بە ئامادەبونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هەر یەك لە عەدنان موفتی و سەعدی ئەحمەد پیرە و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، هەر یەك لە هەرێم کەمال ئاغا، ئاریز عەبدوڵڵا و دکتۆر ڕێواز فایق بەڕێوە چوو. پاش گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل. کۆبونەوەکە جەختی کردە سەر دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و هاوچەرخ.

لە ٢٩ی تەموزدا مەکتەبی سیاسی لە کۆبونەوەیەکدا مەسەلەی بەستنی کۆنگرەی تاوتوێ کرد و لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە پێش کۆتایی ساڵ کۆنگرە ببەسترێ. هەرچەند لە کۆبونەوەکەدا ڕۆژی کۆنگرە دیاری نەکرا، بەڵام دیاریکردنی کۆتایی ساڵ بۆ بەستنی کۆنگرە، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی پێشکەوتوو بوو. لەتیف عومەر مستەفا وتەبێژی فەرمیی حزب لە لێدوانێکدا سەبارەت بە ناوڕۆکی پرسە تاوتوێکراوەکانی کۆبونەوەکە، وتی کۆتایی ساڵ وەك وادەیەك بۆ بەستنی کۆنگرە دیاری کراوە و کۆنگرەکە «یەکێتییانە» دەبێ. پێشنیارەکەی مەکتەبی سیاسی تین و گوڕێکی زۆرتری بە پرۆسەکە دا. بەڵام پێشنیارەکە لە فشاری کادیرەکان داماڵدراو نەبوو. لە ٣١ی تەموزدا ڕەهبەر سەید برایم بەرزنجی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «ئاژانس»دانی بەوەدا نا کە پێشنیارەکەی مەکتەبی سیاسی لە ژێر کاریگەریی فشاری کادیرەکانی حزب دراوە و وتی «لە هەموو لایەکەوە فشار هەبوو کە کۆنگرە بکرێت، کاتی یاساییش تەواو بووە» و ڕونی کردەوە کە لەمەوبەر بە بیانوی پەرەسەندنی کێشە ناوخۆییەکان و کۆچی دوایی تاڵەبانی و سەرقاڵبونی حزب بە هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، بەستنی کۆنگرە دوا خراوە «بەڵام ئێستا حکومەت پێك هات، بۆیە پێویستە کۆنگرە بکرێت». هەروەها وتی کات بۆ بەستنی کۆنگرە «لەبارە» بەڵام ئەو وادانەی بۆ بەستنی کۆنگرە پێشنیار کراون «جێگیر» نین و «نیەتە جیدییەکە ئەوەیە کە تا کۆتایی ساڵ کۆنگرە ببەسترێ».

لە ٤ی ئابی ٢٠١٩دا، شەش ڕۆژ پاش پێشنیارەکەی مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی ڕێکخستن

کۆبونەوەی بە لێپرسراوانی مەڵبەندەکان کرد و پرسی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی لەگەڵیان تاوتوێ کرد و لەم سەروبەندەدا پێشنیاری کرد حزب لە ٢١ی تشرینی دووەمدا کە دەکاتە رۆژی شەهیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆنگرەی چوارەم ببەستێ.

لە ٧ی ئەیلولدا دوو کۆبونەوەی یەك لە دوای یەکی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەستران، یەکێکیان پێش نیوەڕۆ و ئەوی دیکە پاش نیوەڕۆ. لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا، لەگەڵ چەند پرسێکی تر، مەسەلەی دیاریکردنی رۆژی بەستنی کۆنگرەی چوارەم تاوتوێ کرا و کۆبونەوەکە لەسەر پێشنیارکردنی رۆژی ٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ گیرسایەوە. لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، پێشنیارەکە بە کۆی دەنگ پەسند کرا. پەیوەند بەم مەسەلەیە، کۆبونەوە بڕیاری کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی دا و لەم سەروبەندەشدا پێشنیار کرا دەستکاریی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بکرێ چونکە هەندێ لە ئەندامەکانی لەبەر ئەوەی پۆستیان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم وەرگرتووە، دەرفەتی ئەوەیان نابێ بپرژێنە سەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە. لەم سەروبەندەدا رزگار عەلی کە لێپرسراوەتیی دەزگای هەڵبژاردنی لە ئەستۆ گرتبوو، جێی شۆڕش ئیسماعیلی گرتەوە کە ببوو بە وەزیری پێشمەرگە. هەروەها پێشنیار کرا ئەرسەلان بایز لێپرسراوەتیی لیژنەی چاودێری و سکاڵا وەرگرێ و لە جێی حەمەی حەمە سەعید کە بۆتە وەزیری رۆشنبیری، ببێ بە ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵا. هەروەها پێشنیار کرا ئەندامێکی ئەنجومەنی ناوەند بۆ کۆمیسیۆنی باڵا زیاد بکرێ. لەم سەروبەندەدا زوبێر عوسمان جێگری سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند داوای کرد «کۆنگرە پاڵپشت بە پەیڕەوی ناوخۆ ببەسترێ».

راگەیەنراوی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پانتاییەکی شایستەی بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی بەستنی کۆنگرە تەرخان کرد و تێیدا هاتبوو کە «ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە کۆی دەنگی ئەندامانی، رۆژی ٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ی بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەسەند کرد، هەروەك بە گفتوگۆی هەڤاڵانە و بەرپرسیارانەی ئەندامانی، رێوشوێنی پێویستی بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو تاوتوێ کرد، بە جۆرێك کە کۆنگرەی چوارەم ساز و ئامادە بکات بۆ راپەڕاندنی ئەرکە بنچینەییەکانی خەبات و خزمەتکردنی زیاتری گەلی کوردستان و هێنانە دیی تەواوی ئامانجە بەدینەهاتووەکان کە یەکێتی و گەلەکەمان هەزاران شەهید و قوربانییان لە پێناویدا بەخشیوە».

دیاریکردنی وادەی بەستنی کۆنگرەی چوارەم، لە لایەن جەماوەر و کادیرانی حزبەوە پێشوازیی گەرمی لێ کرا. لە ٨ی ئەیلولدا کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی لە کاتی پێشوازی کردنی لە ستیفن فەیگن کۆنسولی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، چووە سەر باسی کۆنگرە و وتی بەستنی کۆنگرە حزب دەکاتەوە بە «چەتری کۆکەرەوە»ی هەموو ئەندامەکانی. هەروەها مەلا بەختیار لە دیداری لەگەڵ ستیڤن فەیگن کۆنگرەی بە وێستگەیەکی «چارەنوسساز» ناو برد و وتی «تەنها کۆنگرە دەتوانێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی کێشەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی ژیاندنەوەی حزبایەتی و وا بکات کاریگەریی لە ناو حکومەت و پەرلەمان و جەماوەر و هاوولاتییاندا بگەڕێتەوە ئاستی جارانی».

لە ١٢ی ئەیلولدا ئەنجومەنی ناوەند یەکەم کۆبونەوەی، پاش دیاریکردنی رۆژی بەستنی کۆنگرە

بەست. لە کۆبونەوەکەدا زوبێر عوسمان جێگری سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند هیوای خواست «گیانی هەڤاڵانە و پەیڕەوی ناوخۆ» بنەمای کۆنگرە بن و ئاماژەی بەوە دا کە ئەنجومەنی ناوەند گەڵاڵەی پەیڕەوی ناوخۆی ئامادە کردووە بەڵام نیاز وایە کە سود لە پڕۆژەکانی تری پەیڕەوی ناوخۆ وەربگیرێ. راگەیەندراوی کۆبونەوەکە جەختی کردە سەر «خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی یەکێتییانەی سەرکەوتوو کە ببێتە هەوێنی نوێبونەوە و کۆکردنەوەی یەکێتی» و داوای کرد ئۆرگان و کادیرەکانی حزب «هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ سەرخستنی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی کۆنگرە». هەر لەم سەروبەندەدا و لە رەوتی دابین کردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەدا، لە ١٤ی ئەیلولدا بە پێی بڕیارێکی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی چوارەم رەهبەر سەید برایم بەرزنجی کرایە بەرپرسی لیژنەی راگەیاندنی کۆمیسیۆنی ئامادەکاری کۆنگرەی چوارەم. ئەمە لە ١٧ی ئەیلولدا بڕیارێکی دیکەی بە دوادا هات کە بە هۆیەوە پەروین کاکە حەمە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی بانکی زانیاری، بووە بەرپرسی لیژنەی بەدواداچون لە کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە.

لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٩دا کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی کۆ بۆوە و چەند بابەتێکی گرنگی تاوتوێ کرد لەوانە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە و راپۆرتی گشتیی کۆنگرە. دەربارەی بابەتی یەکەم هیچ بڕیارێك نەدرا. لە ماددەی ١٥ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە «نابێت لە هەر بارێکدا کۆی گشتیی ئەندامانی کۆنگرە لە ١٠٠٠ ئەندام تێپەڕ بکات»، بەڵام گفتوگۆکانی تایبەت بەم ماددەیە دەریانخست کە بۆچونی جیاواز لەم بارەیەوە هەیە. بە شێوەیەکی گشتی، سێ ئاراستە دەربارەی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە هەبوو. ئاراستەی یەکەم و دووەم جەختیان کردە سەر پابەندبون بە ماددەی ١٥، بەڵام جیاوازیی نێوانیان لەوەدا بوو کە یەکەمیان پێی باش بوو لانی زۆری ژمارەکە لەبەرچاو بگیرێ و ١٠٠٠ ئەندام بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، لە کاتێکدا ئاراستەی دووەم، بۆ تەنگەبەرکردنی ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی کیشە لە ناو کۆنگرە، بە گونجاوتری دەزانی کەمتر لە ١٠٠٠ ئەندام بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن. لەو لاشەوە، ئاراستەی سێیەم پشتگیریی ئەوەی دەکرد کە زیاد لە هەزار ئەندام بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ بەشداریکردنی زۆرترین ژمارەی کادیر بڕەخسێ. بەشداربوانی کۆبونەوەکە ئەمانە بون: کۆسرەت رەسول عەلی، قادر حەمە جان، جەعفەر شێخ مستەفا، دکتۆر یوسف گۆران، پەروین کاکە حەمە، نەرمین عوسمان، حامد حاجی غالی، رزگار عەلی حەمە جان، فەرید ئەسەسەرد، رەهبەر سەید برایم بەرزنجی، مەحمود سەنگاوی، خالید شوانی، پەروین بابەکر حەمە ئاغا و دلێر سەید مەجید. لە کۆبونەوەکەدا کۆسرەت رەسول عەلی بابەتی بەستنی کۆنگرەیەکی راگوزەری هێنایە ئاراوە. کۆبونەوەکە بڕیاری لەسەر هیچ مەسەلەیەك نەدا و پێی باش بوو هەندێ لە بابەتەکان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاریان لێ بدرێ بۆ ئەوەی زۆرترین ئەندامانی دامەزراوەی سەرکردایەتی بەشدار بن لە بڕیارەکاندا.

هەرچەند ئامادەکارییەکان بە شێنەیی بەڕێوە دەچون و کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، بە بەردەوامی، سەرقاڵی دەستەبەرکردنی ژێرخانی بەستنی کۆنگرە بوو، بەڵام نیگەرانییەك سەبارەت بە ئەگەری پاشگەزبونەوە لە بەستنی کۆنگرە یان دواخستنی بۆ کاتێکی تر، باڵی بەسەر بیرکردنەوەی

کادیرەکاندا کێشا بوو، بەتایبەتی کە هەندێ لایەنی ناحەز، بە بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندە و هەواڵی ناڕاست، دەیانویست ئاژاوە بخەنە پڕۆسەکەوە و گومان دروست بکەن. بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان قادر عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ دا لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ کادیرەکانی مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکان، کادیرەکانی دڵنیا کردەوە کە «کۆنگرە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەبەسترێت» و جەختی کردە سەر ئەوەی کە کۆنگرەی چوارەم «وێستگەیەکی چارەنوسسازە» و دەبێ کادیرەکانی حزب «هۆشیارانە و بەرپرسانە» بەشداری لە سەرخستنیدا بکەن.

بەڵام لە ڕاستیدا نیگەرانی لە دواخستنی کۆنگرە بێ بنەما نەبوو، چونکە لە ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی هەندێ گروپ هەبوو هێشتا نەیانتوانی بوو خۆیان لە فۆبیای کۆنگرە رزگار بکەن. تەنانەت کاتێك تورکیا دەستی بە هێرشەکانی کرد بۆ سەر هێزەکانی سوریای دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی فورات، بیر لەوە کرایەوە کە ئەم ڕوداوە بقۆزرێتەوە و کۆنگرە دوا بخرێ، ئەویش بە بیانوی خۆسازدان بۆ روبەڕوبونەوەی ئەگەرە مەترسیدارەکان، بەڵام هەوڵەکە هەر لە سەرەتاوە لەبار برا.

لە ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩دا لیژنەی بەدواداچون بە سەرۆکایەتیی پەروین کاکە حەمە، فراوان کرا و شەش ئەندامی بۆ زیاد کرا کە ئەمانەن: فەیسەڵ عەلی خورشید، ڕێباز بیرکۆتی، ناسیح حەمە حسێن، تەلار لەتیف، عەتا ئەحمەد، لەتیف نێروەیی، شەم نادر، حەسەن یاسین عەبدولڕەحمان و شوان جەبار.

لە ١٩ی تشرینی یەکەمدا لە کۆبونەوەی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بڕیار درا دەست بە ئەنجامدانی کۆنفرەنسی کۆمیتەکانی ڕێکخستن بکرێ و بۆ ڕایی کردنی ئەم ئەرکە، نوسراوێك ئاراستەی گشت مەکتەب و دەزگاکان کرا، تێیدا داوایان لێ کرا هەر مەکتەب و دەزگایەك ناوی حەوت کادیری خۆی بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کۆنفرەنسی کۆمیتەکان تەرخان بکا و ناوەکانیان بۆ دەزگای هەڵبژاردن بنێرێ. ئەم هەنگاوە دڵنیایی بە کادیرەکان دا کە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرە بە باشی بەڕێوە دەچێ چونکە لە قۆناغی یەکەمدا ئەندامانی کۆنگرە لەو کۆنفرەنسانە هەڵدەبژێردرێن. ئەم ئەرکە پێویستی بە پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای هەڵبژاردن بوو بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژادنەکان کە دواتر بە سەرۆکایەتیی رزگار عەلی حەمە جان پێك هێنرا.

دەزگای هەڵبژاردن بڕیاریدا لیژنەیەك لە چوار ئەندام پێك بێنێ بۆ سەردانی مەکتەبەکان و چارەسەرکردنی هەندێ لە کێشەکانی پەیوەست بە میکانیزمەکانی بەشداری کردن لە کۆنگرە. لیژنەکە لە هەر یەك لە مەحمود قەرەداغی، دلێر ئەحمەد شوکری، جەزا سەید مەجید، سیروان ئەحمەد ڕەشید و نەوزاد ڕەسول پێك هات.

لەو ماوەیەدا کادیرەکانی حزب، لەبەر پەرۆشییان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نمونەیی، ژمارەیەکی زۆر کۆبونەوەیان بەست، ئاڵوگۆڕی بیروڕاکانیان کرد و سەریان لە مەکتەب و مەڵبەندەکان دا. مەکتەبی سیاسی ئەو جموجوڵەی پێ خۆش نەبوو و وای لێکدایەوە کە دەشێ ببێ بە مایەی دروست کردنی ئاڵۆزی بۆ کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە و لیژنە لاوەکییەکانی. بۆیە لە ٢٣ی تشرینی یەکەمدا پەیامێکی بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند و کادیرەکانی مەکتەب و دەزگا و دامودەزگاکانی حزب بڵاوکردەوە، تێیدا قەدەغەی کرد هیچ لایەنێك جگە لە کۆمیسیۆنی باڵای

ئامادەکاری کۆنگرە و لیژنە لاوەکییەکانی «بە ناوی کۆنگرەوە، کۆبونە لەگەڵ مەکتەب و مەڵبەندەکان بکات» و داوای کرد «هەر کادیر و ئۆرگانێك پێشنیار و پڕۆژە و تێبینیی بۆ کۆنگرە هەیە، بە نامەی فەرمی ئاراستەی کۆمیسیۆنی باڵا و لیژنە لاوەکییەکانی بکات»

لە ٢٤ی تشرینی یەکەمدا ئەندامانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان کە ژمارەیان ١٣ ئەندام بوو، دیاری کران کە ئەمەش ناوەکانیانە: رزگار عەلی حەمە جان (سەرۆکی لیژنەکە)، مەحمود قەرەداغی، سەرکەوت محەمەد زەکی، سالار عومەر نوری، دلێر ئەحمەد شوکری، فەهمی بورهان، سیروان ئەحمەد رەشید، دریڤان عەبدولقادر بەکر، دڵشاد محەمەد ئەمین جەلال، عەلی حەسەن حسێن، نەوزاد رەسول، جەزا سەید مەجید و ئەسغەر ئەحمەد.

لە ٢٧ی تشرینی یەکەمدا جێگری سکرتێری گشتی نوسراوێکی بە پلەی «نهێنی و تایبەت» بۆ مەکتەبەکان نارد، تێیدا داوای کرد هەر مەکتەبێك لە ماوەی هەفتەیەکدا راپۆرتێکی ورد سەبارەت بە چالاکییەکانی لە ماوەی پاش کۆنگرەی سێیەم بنێرێ بۆ ئەوەی لە داڕشتنی راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی چوارەمدا سودی لێ وەربگیرێت. ئەمەش لێکدانەوەی وای بۆ کرا کە هەنگاوەکان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی کۆنگرە خێراتر و لێبڕاوانەتر بەڕێوە دەچن.

بەپێی پلانی دانراو و پشت بەست بە پەیڕەوی ناوخۆ، بڕیار درا دەزگای هەڵبژاردن بە هەماهەنگیی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە لایەنی جێبەجێکاری هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە بێت.

هەر ئەو رۆژە، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە نوسراوێکی فەرمیدا مەرجەکانی بەشداربونی کادیرەکانی لە کۆنفرەنسەکانی کۆمیتە و مەڵبەند و مەکتەبەکان دیاری کرد و رونی کردەوە کە شێوازی دەنگدان نهێنی و ئازاد و راستەوخۆ دەبێ. هەروەها سەرنجی بۆ ئەوە راکێشا کە لە کاتی دیاریکردنی هەر «کردەوەیەکی نامۆ» دا لە کاتی پرۆسەی دەنگدان، پرۆسەکە بە شێوەیەکی کاتی رادەگیرێ و لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە دەکرێ و ئەگەر دەرکەوت پرۆسەکە پێشێلکاریی تێدا کراوە «سەرپێچیکاران سزا دەدرێن» و دەشێ لە بەشداریکردن لە کۆنفرەنس دور بخرێنەوە، هەروەك رونی کردەوە کە لیژنەکانی بەڕێوەبردنی کۆنفرەنسەکان لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، مەکتەبەکان، دەزگاکان، کارگێڕان و جێگرانی لێپرسراوانی مەڵبەندەکان پێکدێن. دیسان هەر ئەو رۆژە، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان رێنمایی بۆ مەکتەب و دەزگاکان دەربارەی کۆنفرەنسی کۆمیتەکان دەرکرد، تێیدا جەختی کردە سەر ئەوەی کە دوا ئاماری رێکخستنی کۆمیتە کە دراوە بە مەکتەبی رێکخستن دەبێتە بنەما بۆ بەشداربون لە کۆنفرەنسەکان و رونی کردەوە کە بۆ هەر ٢٥٠ ئەندامی رێکخستن، لە ئاماری کۆمیتە، یەك ئەندام دەبێتە نوێنەریان لە کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان، هەروەك ئەوەش رون کرایەوە کە لانی کەم رێژەی ٢٠٪ بۆ ژنان بۆ نوێنەرایەتی کردنی کۆمیتەکان لە کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان لەبەرچاو دەگیرێ.

لە ٢٨ی تشرینی یەکەمدا لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە نوسراوی فەرمی، کادیرەکانی لەوە ئاگادار کردەوە کە لە رۆژی دەنگداندا دەبێ کارتی بایۆمەترییان پێ بێ و بە پێچەوانەوە مافی بەشداریکردنیان لە کۆنفرەنسەکەدا نابێ.

لە رۆژانی دواتردا ئامادەکارییەکان بۆ رێکخستنی هەڵبژاردن لە کۆمیتەکان بەردەوام بون. لە ١٠ی تشرینی دووەمدا رزگار عەلی سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان، لە بارەگای دەزگای هەڵبژاردن لە

سلێمانی لەگەڵ لێپرسراوانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن کۆبۆوە و وردەکارییەکانی پرۆسەکەی تاوتوێ کرد، دواتـر رایگەیاند کە کادیرەکانی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن بەسەر کۆمیتەکاندا دابەش کراون. لە ٢٠ی تشرینی دووەمدا رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە مانشێتدا رایگەیاند کە کۆنفرەنسی کۆمیتەکان لە ١٥ی تشرینی دووەمدا دەست پێ دەکا. بەپێی پلانی دانـراو، بڕیار بوو کۆنفرەنسەکان تا ٢٠ی تشرینی دووەم بەردەوام بن.

بەپێی نـوسـراوی ژمـارە ١٨ی لیژنەی بـاڵای هەڵبژاردنەکان، ئاستی ڕێکخراوەیی ئەو ئەندامانە دیاری کرا کە مافیان هەیە بەشداری لە کۆنفرەنسی کۆمیتەکاندا بکەن کە ئەمانەن: ئەندامانی کەرت، ئەندامانی کۆمیتە، جێگران و کارگێڕانی کۆمیتە، کادیران و کارمەندانی دەزگا و مەکتەبەکان لە پلەکانی ئەندامی کـەرت، ئەندامی کۆمیتە و کارگێڕی کۆمیتە، هەروەها بەڕێوەبەرەکان لەسەر ئاستی قەزا و ناحیەکان. هەر بە هەمان پێودانگ، لە نوسراوی ژمارە ١٩ دا مەکتەب و دەزگاکان ئاگادار کرانەوە کە دوا وادە بۆ وەرگرتنی لیستی ناوی کاندیدەکان پێش سەعات ١٢ی نیوەڕۆی رۆژی ١١ی تشرینی دووەمە.

لەو ماوەیەدا واتەواتی دواخستنی کۆنگرە بڵاوبۆوە کە گوایە پێشنیار کراوە بەستنی کۆنگرە بۆ بەهاری ساڵی داهاتوو دوا بخرێ، ئەم واتەواتە لەسەر زاری چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە درۆ خرایە و راگەیەنرا کە کۆنگرە لە کاتی دیاریکراودا دەبەسترێ و هیچ پلانێك بۆ دواخستنی نیە.

لە ١٦ی تشرینی دووەمدا کۆنفرەنسی کۆمیتەکان لە سنوری هەر شەش مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوك، شارەزور، کۆیە، شنگال، دهۆك و گەرمیان بەڕێوە چوو. لە ١٧ی تشرینی دووەمدا کۆنفرەنسی کۆمیتەکانی پێنج مەڵبەندی تر لە سۆران، سلێمانی، هەولێر، بەغدا و خانەقین بەڕێوە چوو. لە ١٨ی تشرینی دووەمیش لە کۆمیتەکانی سنوری مەڵبەندەکانی نەینەوا، راپەڕیـن و چەمچەماڵ کۆنفرەنس بەڕێوە چوو. لەم رووەوە رزگـار عەلی سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی پرۆسەکەی رایگەیاند و وتی «ئەم کۆنفرەنسانە دەبنە بناغەیەکی پتەو بۆ بەستنی کۆنگرە»و ئەوەشی راگەیاند کە لە کاتێکی نزیکدا کۆنفرەنسی مەکتەبەکان دەست پێ دەکات.

کۆنفرەنسەکە لە ٢٠٧ کۆمیتە بەڕێوە چوو و ڕێژەی بەشداربون ٩٥٪ی تێپەڕاند. ژمارەی بەشداربووانی کۆنفرەنسەکە ١٩٦٧٤ کادیر بوو. لە سەرجەمی ٣٥٦٩ کادیر کە خۆیان لە کۆنفرەسەکەدا کاندیدکردبوو، ١٧٧٣ کادیر وەك نوێنەری کۆمیتەکان هەڵبژێردران.

ڕێــژەی بـەشـداربـونـی کـادیـرەکـانـی حـزب لە کۆنفرەنسەکاندا ڕێژەیەکی بـەرز بـوو، بەرزترینیان لـە مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کـەرکـوك بـوو کە ٩٨٪ی تێپەڕاند بوو. هەروەها ڕێژەی بەشداربونی کادیرە ژنەکانیش ڕێژەیەکی بەرچاو بوو و لەم رووەوە ژمارەیەکی زۆری ژنان بۆ بەشداری لە کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان سەرکەوتن.

لـە رەوتـــی خـۆئـامـادەکـردنـدا بـۆ کۆنفرەنسی مەکتەب و مەڵبەندەکان، لە ١٩ی تشرینی دووەمدا سکرتاریەتی کاروباری مەکتەبی سیاسی، لەسەر فەرمانی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی، لە نوسراوێکدا بۆ هەموو ئۆرگانەکانی حزب، رایگەیاند کە گواستنەوەی راژەی کادیران لە ئاستی ئەندامانی مەکتەب و ئەندامانی ئەنجومەنی مەکتەب تا دوای بەستنی کۆنگرە راگیراوە.

بە هەمان پێودانگ، لە رەوتی خۆ ئامادەکردندا بـۆ کـۆنـفـرەنـسـی مـەڵـبـەنـدەکـان، لـیـژنـەی بـاڵای هەڵبژاردەکان لە نوسراوی ژمـارە ٤٩ دا لە ٢٠ی

تشرینی دووەم، پلەی ئەو کادیرانەی دیاری کرد کە مافی بەشداری کردنیان لە کۆنفرەنسی مەڵبەنەکاندا هەیە کە ئەمانەن، ئەندامانی ئەنجومەنی مەڵبەند، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی مەکتەبەکان، ئەو کادیرانەی پلەی ئەندامی مەڵبەند و کارگێڕ و جێگرانی لێپرسراوی مەڵبەندیان هەیە بەو مەرجەی بڕیاری مەکتەبی ڕێکخستنیان هەبێ و لە شوێنی کارکردنیان دەوام بکەن، لێپرسراوانی ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و چوار کارگێڕ لە هەر ناوەندێك، ٣ کادیر لە زانایانی ئایینیی هەر مەڵبەندێك، لێپرسراوانی سەندیکاکانی پارێزەران و کارمەندانی تەندروستی، پزیشکان، کرێکاران، مامۆستایان، ئەندازیاران یان جێگرەکانیان ئەگەر ئەندامی حزب بون، لێپرسراوانی لقەکانی یەکێتیی ژنان و کۆمەڵەی خوێندکاران و یەکێتیی لاوان. هەروەها نوسراوەکە ئەوەی دیاری کرد کە ئەو کادیرانەی حزب کە لە دامودەزگاکانی حکومەتدا کار دەکەن و مافی بەشداری کردنیان لە کۆنفرەنسی مەڵبەندەکاندا هەیە ئەمانەن: سەرۆکی زانکۆکان و یاریدەدەرەکانیان، ڕاوێژکارانی وەزارەتەکان و پەرلەمان، بریکاری وەزارەتەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پارێزگاران و جێگرەکانیان، قایمقامەکان، بەڕێوەبەرەکانی ناحیەکان، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت و پارێزگاکان، ڕاگری کۆلیجەکانی زانکۆ حکومییەکان، ڕاگری پەیمانگاکانی پەیمانگا حکومییەکان، دواتر پاشکۆیەك بۆ نوسراوەکە دەرچوو کە ئەم گروپانەی بۆ زیاد کرا: ڕاوێژکارانی مەکتەبی سیاسی، پەرلەمانتارە خانەنشینەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، وەزیرە خانەنشینەکان، بریکارە خانەنشینەکانی وەزارەتەکان، پارێزگارە خانەنشینەکان، ڕاوێژکارانی دیوانی پارێزگاکان. بۆ هەموو ئەو کادیرانەی کە لە دامودەزگاکانی حکومەتدا کار دەکەن، ئەو مەرجە بۆ بەشداربونیان لە کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان دانرا کە دەبێ پشتگیریی مەڵبەندیان پێ بێت.

لە ٢٠ی تشرینی دووەمدا لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کۆنفرەنسی مەکتەبەکان، نوسراوی ژمارە ٥٠و ٥١ی دەرکرد. لە نوسراوی یەکەمدا لیژنەیەکی بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆنفرەنسەکە بە سەرۆکایەتیی مەحمود قەرەداغی و ئەندامەتیی هەر یەك لە محەمەد عەبدولقادر، لەتیف نێروەیی، ئارام قادر خەبات و سەرکەوت حەمە غەفور پێکهێنا. لە نوسراوی دووەمدا چەند ڕێنوێنییەکی تایبەت بە کۆنفرەنسەکەی دەرکرد، تێیدا هەندێ ڕونکردنەوە و میکانیزمی بۆ شێوەی بەڕێوەچونی پرۆسەکە دیاری کرد بوو. بەپێی نوسراوەکە، بەشداربووانی کۆنفرەنسی مەکتەبەکان تەنها ئەو کادیرانەن کە پلەی ئەندامی مەکتەبیان هەیە، ڕێکخستنی لیستی ڕیزبەندیی کاندیدەکان بە تیر و پشك دەبێت، ئەگەر لە ستافی هەر مەکتەبێك ژن بە پلەی ئەندامی مەکتەب هەبێ، لانی کەم ژنێك لە ناو کاندیدەکان دەبێتە ئەندامی کۆنگرە. هەروەها ئەوە ڕون کرایەوە کە لە کاتی وەکیەکیی دەنگی کاندیدەکانی ڕیزبەندیی کۆتاییدا، مەسەلەکە بە تیر و پشك یەکلا دەکرێتەوە.

لە ٢١ی تشرینی دووەمدا کۆنفرەنسی مەکتەبەکان لە بارەگای مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی بەڕێوە چوو و تێیدا هەر یەکێ لەو ١٢ مەکتەب و دەزگایەی کە لە ماددەی ٤٧ی پەیڕەوی ناوخۆدا ناویان هاتووە، ٧ نوێنەری بۆ کۆنگرە هەڵبژارد. بەم پێیە، ٨٤ ئەندام وەك نوێنەری مەکتەب و دەزگاکان بۆ کۆنگرە هەڵبژێردران.

هەردوو کۆنفرەنسی کۆمیتە و مەکتەبەکان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە چون. ژمارەی سکاڵاکان زۆر کەم

بوو و لە ٧ سکاڵا تێنەپەڕی کە هەموویان یەکلا کرانەوە.

لە ٢٤ی تشرینی دووەمدا دکتۆر بەرهەم ساڵح جێگری دووەمی سکرتێری گشتی لەگەڵ ئەنجومەنی ناوەند کۆبۆوە. بابەتی سەرەکیی کۆبونەوەکە، کۆنگرەی داهاتوی حزب بوو. لەم رووەوە دکتۆر بەرهەم ساڵح وتی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆنگرەیەکی «چارەنوسسازە» و ئومێد هەیە ببێتە «مایەی نوێبونەوە و هەستانەوەی» حزب و داوای کرد «بە گیانی بەرپرسیارێتییەوە» مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. هەروەها رونی کردەوە کە «بەستنی کۆنگرە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، کاریگەریی گەورەی لەسەر کوردستان و تەواوی ناوچەکە دەبێت».

لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی لە ماڵی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی لە سلێمانی بەسترا و دوو بابەتی سەرەکیی تێدا باس کران، یەکێکیان دۆخی شڵەژاوی عیراق و بژاردە سەختەکانی دەست لەکارکێشانەوەی سەرەك وەزیرانی عیراق عادل عەبدولمەهدی بوو، ئەوەی تر بابەتی کۆنگرە بوو. لە کۆبونەوەکەدا هیچ پێشنیارێك سەبارەت بە دواخستنی کۆنگرە بۆ ساڵی داهاتوو نەهاتە ئاراوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەرگای دواخستنی بۆ چەند رۆژێك لە سۆنگەی هۆکاری تەکنیکییەوە بەکراوەیی هێڵدرایەوە. کۆبونەوەکە بابەتی پەیکەری تازەی حزبی تاوتوێ کرد و لەم رووەوە لیژنەیەکی بە ناوی لیژنەی سازان لە هەر یەك لە عیماد ئەحمەد، ئەرسەلان بایز، رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش و دلێر سەید مەجید بۆ پەیوەندی کردن بە جەمسەرە سەرەکییەکانی سەرکردایەتییەوە پێکهێنا بە مەبەستی رێککەوتن لەسەر پەیکەرێکی دیاریکراو بۆ حزب. بەڵام لەبەر ئەوەی بەستنی کۆنگرە تەنها هەفتەیەکی مابوو، ماوەی ٤٨ سەعات بۆ لیژنەکە دانرا بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکەکەی و پێشکەش کردنی راپۆرتی خۆی. پاش تەواوبونی کۆبونەوەکە، لەتیف عومەر مستەفا وتەبێژی فەرمیی حزب لە راگەیەندراوێکدا دەربارەی کۆبونەوەکە وتی «لە تەوەرێکی تری کۆبونەوەکەدا، دوای گوێگرتن لە راپۆرتی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، بڕیاری پێویست بۆ تەواوکردنی ئامادەکارییەکان درا».

یەکێ لە کەموکوڕییەکانی لیژنەی سازان ئەوە بوو کە ئەندامەکانی بێلایەن نەبون و زۆربەیان بەشێك بون لە کێشە. لەو ماوەیەی کە بۆ لیژنەکە دیاری کرا بوو، ئومێد لەسەر ئەوە هەڵدەچنرا کە لە دوا ساتەکاندا لایەنە ناکۆکەکان بە رێککەوتن بگەن. لیژنەکە لە کۆنتاکتەکانیدا پێشنیاری کرد لە کۆنگرەدا سەرکردایەتییەکی ٥٠ کەسی هەڵبژێردرێ، لەوانە ٣٧ ئەندام لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوو بن و بەبێ هەڵبژاردن بکرێنەوە بە ئەندامی سەرکردایەتی و ١٣ ئەندامی تازەش لە کۆنگرە هەڵببژێردرێن. لە گفتوگۆکاندا ئەندامانی لیژنەکە بۆ بیانوو هێنانەوە بۆ پێشنیارەکەیان، دەیانگوت ئەم ئەزمونە لە تورکیا پیادە کراوە و لە کۆنگرەکاندا سەرۆکی حزب رەجەب تەیب ئەردۆغان نیوەی زیاتری ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوو بەبێ هەڵبژاردن دەکاتەوە بە ئەندامی سەرکردایەتی، کۆنگرەش ژمارەیەکی کەمتری ئەندامی نوێ بۆ سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێ. لە بەرامبەردا، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پێشنیاری کرد نەك ٣٧ ئەندامی سەرکردایەتی، بەڵکو هەموو ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوو بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بەبێ هەڵبژاردن ببنەوە بە ئەندامی سەرکردایەتی. لایەنەکان لەسەر شێوەی هەڵبژاردن و دەسەڵاتەکانی سەرۆك و ژمارەی جێگرەکانی رێك نەکەوتن. لە ئەنجامدا لیژنەکە هیچی بە هیچ نەکرد

و لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو.

سەرەڕای ئەوەی کە لیژنەی سازان زۆر بە خێرایی دەستی بە کارەکانی کرد، بەڵام هیچ شتێك دەربارەی ئەنجامی چالاکییەکانی ڕانەگەیەنرا. ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری لە ناو کادیرەکاندا دروست کرد. لە پاڵ ئەو نیگەرانییە، واتەواتێکی زۆر بڵاوە بۆوە کەگوایە لە ناو سەرکردایەتیدا هەوڵێك بۆ دواخستنی کۆنگرە هەیە، بەتایبەتی لە ناو مەکتەبی سیاسیدا. ئەوەی کە بووە مایەی پشتیوانی لەو واتەواتە، دواکەوتنی وادەی بەستنی کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان و دیاری نەکردنی هیچ وادەیەکی تر بوو بۆ بەڕێوەچونی ئەو کۆنفرەنسە. ئەمە وا لێك درایەوە کە هەوڵێك بۆ پەکخستنی ئامادەکارییەکانی کۆنگرە لە ئارا دایە. لەم هەلومەرجەدا هیچ لێدوانێکی یەکلاکەرەوە بۆ ڕەواندنەوەی تەمی دڵەڕاوکێ نەدرا.

لە ١ی کانونی یەکەمدا، قادر عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە کاتی سەردانی بۆ ئەنجومەنی ناوەند، ڕایگەیاند کە کۆنگرە «زەرورەتێکە» بۆ ژیانی هەر حزبێك و دەربارەی ئەگەری دواخستنی کۆنگرە وتی «هیچ بڕیارێك بۆ ئەنجام نەدانی کۆنگرە نیە». بەڵام ئەم لێدوانە و ژمارەیەك لێدوانی تری گەشبین، نەیانتوانی کۆتایی بە نیگەرانییەکان بهێنن. لە ٢ی کانونی یەکەمدا کێرڤی نیگەرانییەکان بەرز بۆوە و بەشێکی زۆری میدیاکان لە شرۆڤەکانیاندا زۆرتر بە لای ئەوەدا چوون کە ئەگەری دواخستنی کۆنگرە ئەگەرێکی بەهێزە. هەر ئەو ڕۆژە ژمارەیەك ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە یاداشتێکدا بۆ جێگرەکانی سکرتێری گشتی و کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە و ئەنجومەنی ناوەند، ئەوەیان بە بیر هێنانەوە کە بڕیاری بەستنی کۆنگرەی چوارەم لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە کۆی دەنگ دراوە و ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرە «بە بیانوی جیاواز» ڕاگیراوە. لەم سەروبەندەدا یاداشتەکە سێ داوای خستە ڕوو و بە پێویستی زانی هەر سێ داوا «بە زوترین کات» جێبەجێ بکرێن. سێ داواکەش بریتی بون لە ئەنجامدانی کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان «بە زوترین کات»، بەستنی دوا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێش کۆنگرە و دابەشکردنی پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ بەسەر ئەندامانی سەرکردایەتیدا یان بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ».

لە ئێوارەی ٣ی کانونی یەکەمدا مەکتەبی سیاسی کۆبونەوەیەکی تری بۆ تاوتوێ کردنی بابەتی کۆنگرە و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هەندێ لێك تێگەیشتن بەست. کۆبونەوەکە هیچ ڕاگەیەنراوێکی دەرنەکرد و وتەبێژی فەرمیی حزب هیچی لەبارەیەوە ڕانەگەیاند، میدیاکانی حزبیش هیچ شتێکیان دەربارەی کۆبونەوەکە بڵاو نەکردەوە.

نیگەرانیی کادیرەکانی حزب لە نەبەستنی کۆنگرە، پێشبینیی کاردانەوەی توندی لێ دەکرا. لە ٤ی کانونی یەکەمدا کۆمەڵەی ڕێکخستنە دێرینەکان و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینە دانەبڕاوەکان یاداشتێکی هاوبەشیان دایە ئەنجومەنی سەرکردایەتی، داوایان کرد کۆنگرە «بەر لە هاتنی سەری ساڵی نوێ ببەسترێ و بە هیچ بیانویەك دوا نەخرێ» و هیوایان خواست کۆبونەوەی ٥ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی مایەی هەواڵێکی «ئومێدبەخش» بێت بۆیان. کادیرەکان لە یاداشتەکەدا پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە ڕێگا نادەن «لەپێناوی بەرژەوەندیی تاکەکەسیدا» یاری بە حزب و مێژووەکەی بکرێ. هەروەها هەڕەشەیان کرد کە ئەگەر کۆنگرە نەبەسترێ «هەڵوێستی توند» دەنوێنن. نیازیش وابوو سبەینێ لە بەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسی گردبونەوەیەکی ناڕەزایی دەربڕین ساز بکەن و ڕاستەوخۆ داوا لە

سەرکردایەتیی حزب بکەن کۆنگرە دوا نەخات. لە لایەکی ترەوە، ئەنجومەنی ناوەند کە بە دواکەوتنی کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان دڵتەنگ ببوو و ترسی نەبەستنی کۆنگرەی لێ نیشتبوو، لە ٤ی کانونی یەکەمدا راگەیەندراوێکی لەم بارەیەوە دەرکرد، تێیدا ئەوپەڕی نیگەرانیی خۆی لە دواخستنی کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان دەربڕی و بەم شێوەیە گوزارشتی لەو نیگەرانییە کرد کە«هیچ پاساوێك بۆ دواخستنی کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان نەماوە، بەتایبەتی کە سەرجەم کارە تەکنیکی و لۆجستییەکان تەواو بون». راگەیەندراوەکە داوای کرد لە سەرەتای هەفتەی ئایندەدا کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان بەڕێوە بچێ. سەبارەت بە گرنگیی بەستنی کۆنگرەش، راگەیەندراوەکە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ کۆنگرە هەر لە مانگی کانونی یەکەمدا ببەسترێ و «نابێ بە هیچ شێوەیەك بۆ ساڵی داهاتوو دوا بخرێ».

ئەنجومەنی ناوەند لە راگەیەندراوەکەدا نیشانی دا کە بە هیچ شێوەیەك ناچێتە ژێر باری بەرپرسیارێتیی نەبەستنی کۆنگرە و هەموو جۆرە لیستێکی داخراوی رەت کردەوە و لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیدا داوای «پرۆسەیەکی شەفاف و دیموکراتی» ی کرد. راگەیەندراوەکە ئومێدی لەسەر کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵچنی بوو و لەم رووەوە داوای لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرد «بڕیارێکی بەرپرسیارانە» بدات.

لە ٥ی کانونی یەکەمدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە سلێمانی بەسترا. ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە پوختەی کارەکانی سێ مانگی رابردووی کۆمیسیۆنەکەیان باس کرد و ئۆباڵی تەواو نەکردنی ئامادەکارییەکانیان خستە ئەستۆی فاکتەری تەکنیکییەوە. لە رەوتی گفتوگۆکاندا، کۆبونەوەکە پاش راوێژ بە کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە و دەزگای هەڵبژاردن، بڕیاریدا کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان لە ٩ی کانونی یەکەم ئەنجام بدرێ و کۆنگرەش لە ٢١ی کانونی یەکەم ببەسترێ. لە دەرەوەی هۆڵی کۆبونەوە، کۆمەڵێك لە ئەندامانی هەردوو کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینە دانەبڕاوەکان و رێکخستنە دێرینەکان کە ژمارەیان خۆی لە قەرەی دەوروبەری ٣٠٠ کەس دەدا، گردبونەوەکیان لە بەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسی ساز کردبوو و داوایان دەکرد بە هیچ بڕ و بیانوویەك کۆنگرە دوا نەخرێ.

لە ٩ی کانونی یەکەمدا کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان لە ١٧ مەڵبەند بە بەشداریی ٤٨٨٦ کادیر بەڕێوە چوو، لەوانە ١٧٢٦ کادیر لە کۆنفرەنسەکە خۆیان کاندید کرد. لەم سەروبەندەدا ١٧ لیژنە کە لە ١٦٥ کادیر پێکهاتبون، سەرپەرشتیی پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد. رزگار عەلی لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردن بە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ»ی راگەیاند کە پرۆسەکە «بەوپەڕی شەفافیەتەوە و بە تەکنیکی نوێ» بەڕێوە چووە.

لەو ماوەیەدا هەوڵەکان بۆ لێك نزیك کردنەوەی تێڕوانینە جیاوازەکان بەردەوام بون. هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچونی کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان، چەند گەڕێکی گفتوگۆ لە دەباشان و گردی عەلی ناجی و بارەگای مەکتەبی سیاسی لە نێوان ژمارەیەك کادیری سەرکردەیی لەوانە بافڵ تاڵەبانی، فەرید ئەسەسەرد، دکتۆر جوان ئیحسان، کۆسرەت رەسول عەلی و رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش بەڕێوە چوون کە تێیدا لێك نزیکبونەوەیەك سەبارەت بە دیاریکردنی میکانیزمەکانی بەستنی کۆنگرە هاتە ئاراوە و تێڕوانینەکان لەسەر ئەو ئاراستەیە گیرسانەوە کە لە کۆنگرە تەنها ئەنجومەنی گشتی هەڵبژێردرێ و هەنگاوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنی سەرۆك

و پەسندکردنی پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی تازە و پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی بۆ دوای کۆنگرە بهێڵدرێتەوە. لە ١١ی کانونی یەکەمدا لە کۆبونەوەیەکدا لە بارەگای ئەنجومەنی ناوەند کە لە ئەندامانی سەرکردایەتی، هەر یەك لە ئاریز عەبدوڵلا و فەرید ئەسەسەرد و لە ئەنجومەنی ناوەند جێگری سکرتێری ئەنجومەن زوبێر عوسمان و لێپرساوانی کۆمیسیۆنەکان بەشدارییان تێدا کرد، ئەنجومەنی ناوەند پشتگیریی پێشنیارەکەی کرد و بۆ تێپەڕاندنی تەنگژەکە بە گونجاوی زانی.

هەر ئەو رۆژە «کوردستانی نوێ» دەستی کردەوە بە دەرکردنی پاشکۆی «بەرەو کۆنگرە» کە دوتوێیەکی چوار لاپەڕەیی تایبەت بە بابەتەکانی پەیوەست بە کۆنگرەی چوارەم بوو. رۆژنامەکە هۆکانی دەرکردنی پاشکۆکەی بەم شێوەیە شرۆڤە کرد «وەك هاوبەشییەکی هەڤاڵانە لە ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی چوارەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وەك ئەرکێکی حزبی بۆ سەرخستنی ئەو ئامادەکارییانە و بڵاوکردنەوەی را و سەرنجی هەڤاڵان تا رۆژی بەستنی کۆنگرە، ئەم دووتوێیە جگە لە رۆژانی هەینی و شەممە لەگەڵ کوردستانی نوێ بڵاو دەکرێتەوە».

پاشکۆکە لە ژمارەی یەکەمیدا وێنەکانی کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بڵاوکردەوە و داوای لە کادیرەکان کرد وێنەی کۆنگرەکانی پێشوی بۆ بنێرن بۆ ئەوەی لە پاشکۆ بڵاو بکرێنەوە. لە یەکەم ژمارەی پاشکۆکەدا هەر یەك لە هیوا سەرهەنگ، بارزان شێخ عوسمان، رەنج کەمال قەرەداغی و کاوسێن بابەکر بابەتیان بۆ پاشکۆکە نوسیوە.

هاوتەریب لەگەڵ بەردەوامبونی ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرە، ترس لە دواخستنی کۆنگرە هێشتا مابوو چونکە ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بەتایبەتی لە ناو مەکتەبی سیاسی، دڵنیا نەبون لەوەی کە لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێنەوە، بۆیە دەیانویست بەبێ هەڵبژاردن ببنەوە بە ئەندامی سەرکردایەتی. لە ١٢ی کانونی یەکەمدا سایتی شار پرێس لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ژمارەیەك ئەندامی سەرکردایەتی «باسی ئەوەیان کردووە کە ناکرێ کۆنگرە ببەسترێ و ئەوان هەڵنەبژێردرێنەوە». پێشتریش ئەم گروپە داوای کردبوو تەواوی ئەندامانی سەرکردایەتی بە شێوەیەکی راستەوخۆ، لە دەرەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن، ببنەوە بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

لە ١٦ی کانونی یەکەمدا لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ دوایین کۆبونەوەی خۆی بە سەرۆکایەتیی دکتۆر جوان ئیحسان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کرد. لەو کۆبونەوەیەدا هەر یەك لە فەرید ئەسەسەرد و ئاریز عەبدوڵلا ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئامادە بون و تێڕوانینێکی تازەیان سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆ هێنایە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە ناو کۆنگرە دەرفەتێکی گونجاو بۆ تاوتوێ کردنی دەقی ئامادەکراو پێك نەهات، دەکرێ کۆنگرە ئەرکی تاوتوێ کردن و هەموارکردنەوە و راستاندنی پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ بە ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتی بسپێرێ. هۆی هاتنە ئارای پێشنیارەکە، پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە دەقی ئامادەکراو زۆر تێبینیی لەسەر هەبوو و هەست دەکرا کاتێکی زۆرتری بۆ هەموارکردنەوە پێویستە. پێشنیارەکە بە ١٠ دەنگی بەڵێ و ٣ دەنگی نەخێر، تێپەڕی.

لە ١٧ی کانونی یەکەمدا ئەنجومەنی ناوەند کۆتا کۆبونەوەی خۆی پێش کۆنگرە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی ئەنجام دا. زوبێر عوسمان جێگری سکرتێری ئەنجومەن لە وتارێکدا تیشکی خستە سەر کار و ئەرکەکانی ئەنجومەنی ناوەند لە خولی دووەمدا،

جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە حزب لە کۆنگرەی چوارەمدا پەیکەر و سیستم و میکانیزمەکانی کارکردن تازە دەکاتەوە. هەروەها رونی کردەوە کە ئەنجومەنی ناوەند لە ماوەی ٩ ساڵی رابردودا «یەکڕیز و تەبا» بووە.

هەر لەو کۆبونەوەیە هەردوو پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ و پڕۆگرام واژۆ کران و لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ و پڕۆگرام کۆتاییان بە کارەکانی خۆیان هێنا و هەردوو دەقیان رادەستی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە کرد.

هەمان رۆژ، کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی لەگەڵ ٧٦ پێشمەرگەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار کە بە پێشمەرگەکانی ١٩٧٦ ناسراون، کۆبۆوە و ئاماژەی بەوە دا کە سەرجەم ٧٦ پێشمەرگە بەشداری لە کۆنگرەی چوارەمدا دەکەن.

لە ١٨ی کانونی یەکەمدا هەندێ لە میدیاکان بڵاویان کردەوە کە کۆنگرە، لەبەر هەندێ هۆی لۆجستی، بۆ ٢٥ی کانونی یەکەم دوا دەخرێ. بەڵام هەر یەك لە رزگار عەلی حەمە جان و لەتیف عومەر و فەرید ئەسەسەرد لە سێ لێدواندا هەواڵەکەیان بە درۆ خستەوە و رونیان کردەوە کە هیچ گۆڕانێك بەسەر کاتی بەستنی کۆنگرەدا نەهاتووە. لە هەمان کاتدا فۆرمی خۆ کاندیدکردن بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بەسەر ئەوانەدا دابەش کرا کە خوازیاری خۆکاندیدکردنن.

بەرە بەرە سەر و سیمای نزیکبونەوە لە چارەسەری گرفتەکان رونتر دەهاتە بەرچاو. دەرکەوت ئەو گروپانەی کە ئەرکی نزیك کردنەوەی تێڕوانینە جیاوازەکانیان لە ئەستۆ گرتبوو، توانیویانە سەرکەوتوو بن لە پارچە پارچە کردنی قەیرانەکە و هێشتنەوەی هەندێ لە خاڵەکانی ناکۆکی بۆ قۆناغی داهاتوو. هەرچەند رێککەوتنی تەواو لەسەر هەموو پرسەکان نەکرا ، بەڵام توانرا کەشێکی ئومێدبەخش بهێنرێتە دی. بۆیە لە ئێوارەی ١٨ی کانونی یەکەمدا گومان لەوەدا نەما کە کۆنگرە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەبەسترێ و کێشەی لێ ناکەوێتەوە.

لە ١٩ی کانونی یەکەمدا هیچ کێشەیەك بە هەڵپەرسێردراوی نەمایەوە. بەپێی نەخشەکە، لە کۆنگرەدا هیچ کێشەیەك لە بەردەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی نەما، هەروەها بڕیار درا ئەنجومەنی باڵای سیاسی بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت رەسول عەلی پێك بهێنرێ و ناوی ئەندامەکانی لە کۆنگرە رابگەیەنرێ و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی بۆ دوای کۆنگرە بهێڵدرێتەوە. هەروەها لێك تێگەیشتن لەسەر ئەوە هاتە ئاراوە کە ئەرکی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتیی هەڵبژێردراو بسپێردرێ. سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی حزبیش، بڕیار درا کەیسەکە بۆ دوای کۆنگرە بهێڵدرێتەوە. هەروەها لێك تێگەیشتن لەسەر ئەوە هاتە ئاراوە کە دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی کۆمار و ژمارەیەك لەو بەرپرسانەی کە لە هەرێمی کوردستان پۆستی باڵایان هەیە، راستەوخۆ بکرێنە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی.

بۆ دابین کردنی دادپەروەیی زۆرتر بۆ نوێنەرایەتی کردنی ناوچەکان لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی، پانزە بازنەی جوگرافیایی پێك هێنران و بۆ هەر بازنەیەك ژمارەیەك نوێنەر دیاری کران. بەم پێیە، بۆ بازنەی سلێمانی ٢٣ نوێنەر دیاری کرا، بۆ بازنەی کەرکوك ٣٢ نوێنەر، بۆ بازنەی هەولێر ١٥ نوێنەر، بۆ بازنەی دهۆك ٥ نوێنەر، بۆ بازنەی بەغدا ٢ نوێنەر، بۆ بازنەی سۆران ٤ نوێنەر، بۆ بازنەی نەینەوا ٣ نوێنەر، بۆ بازنەی خانەقین ٥ نوێنەر، بۆ بازنەی شارەزور ٧ نوێنەر، بۆ بازنەی گەرمیان ٦ نوێنەر،

بۆ بازنەی چەمچەماڵ ٣ نوێنەر، بۆ بازنەی کۆیە ٣ نوێنەر، بۆ بازنەی شنگال ٢ نوێنەر، بۆ بازنەی حەمرین ٢ نوێنەر، بۆ بازنەی قەرەچوغ ١ نوێنەر، بۆ بازنەی راپەڕین ٨ نوێنەر. لە دیاریکردنی بەرکەوتی هەر بازنەیەك، ئەنجامی، بەدەستهاتوی هەردوو هەڵبژاردنی ساڵانی ٢٠١٤و ٢٠١٨ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە هەر بازنەیەك کرایە پێوەر.

لە ٢١ی کانونی یەکەمدا کۆنگرەی چوارەم لە ژێر دروشمی «نوێبونەوە» لە هۆڵی پیشانگای نێودەوڵەتیی سلێمانی بە ئامادەبونی ١١٢٦ نوێنەری ئۆرگانەکان لە تاسلوجە بەسترا. دوو لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، هەر یەك لە دکتۆر فوئاد مەعسوم و دکتۆر عومەر شێخموس، ئامادەی کۆنگرەکە بون.

لە دانیشتنی یەکەمدا قادر حەمە جان لێپرسراوی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە کارەکانی کۆمیسیۆنی بەسەر کردەوە و ئومێدی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوی خواست. پاشان کۆسرەت رەسول عەلی لە وتارێکدا وتی «پاراستن و بەهێزتربونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆی هەموو ئەندامانی دایە» و داوای کرد حزب «لاپەڕەیەکی نوێ» هەڵبداتەوە. پاش ئەو، رزگار عەلی حەمە جان سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی چوارەم، کارەکانی لیژنەکەی نمایش کرد و رونی کردەوە کە ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرە «بە هەماهەنگی کراون و بڕیار و رێنماییەکان بە کۆدەنگی و راوێژی پێویست ئەنجام دراون».

دوا بەدوای ئەمە، راپۆرتی سیاسی کە جێگری سکرتێری گشتی ئامادەی کردبوو، بە تۆمارکراوی بە دەنگی بێژەر جەمال محێدین خوێندرایەوە. هەموو کۆنگرەکە، بە دەنگ و وێنە، لە لایەن کادیرە تەکنیککارەکانی سەتەلایتی گەلی کوردستانەوە دیکۆمێنت کرا و لەم سەروبەندەشدا بێژەر بورهان حاجی عەلی رۆڵی بێژەری کۆنگرەی بینی.

هەر لەو دانیشتنەدا لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە لە قادر حەمە جان، دکتۆر ئەرسەلان بایز، دلێر سەید مەجید، یاسین رەئوف و پەیمان محەمەد هەڵبژێردرا، لەوانە یاسین رەئوف بووە وتەبێژی فەرمیی کۆنگرە.

بەپێی بەرنامەی دانیشتنی یەکەم، پرۆژەی پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت رەسول عەلی و ئەندامەتیی ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پێشوو پەسند کرا، بەڵام دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە و شێوەی هەماهەنگیی لەگەڵ دەزگاکانی تر بۆ دوای کۆنگرە هێڵدرایەوە و بڕیار درا لیژنەیەکی هاوبەش لە نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی و ئەنجومەنی باڵای سیاسی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.

دەستەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە رایگەیاند کە کۆنگرە ١٢١ ئەندام بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی هەڵدەبژێرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا پێشنیاری کرد ئەو بەرپرسانەی حزب کە لە بەغدا و کوردستان پۆستی باڵایان هەیە، لە هەڵبژاردن ببوێردرێن و راستەوخۆ ببن بە ئەندام لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی. هەرچەند هەندێ ناڕەزایی لەم بارەیەوە هاتە ئاراوە، بەڵام پێشنیارەکە رەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی بەدەست هێنا، بووە بڕیار و لە دەنگداندا تەنها دەوروبەری ٤٠ ئەندام رەتیان کردەوە. بڕیارەکە چوار کەسی گرتەوە: دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی کۆماری عیراق، جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دکتۆر رێواز فایق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لەبەر ئەوەی جەعفەر شێخ مستەفا

ناوی لە پرۆژەی ئەنجومەنی باڵای سیاسیدا هاتبوو، بڕیارەکە تەنها سێ کەسی گرتەوە.

وەك ئەوەی پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر کرا بوو، پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ وەك دیکۆمێنتێکی فەرمی ڕادەستی لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە کرا. لیژنەکە پێشنیاری دواخستنی پێداچونەوەی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی بۆ پاش کۆنگرە خستە بەرچاو و داوای لە ئەندامانی کۆنگرە کرد لێی بکۆڵنەوە. سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی تازەش، لە کۆتایی دانیشتنەکەدا بڕیار درا سبەینێ دەست بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکرێ.

لە ٢٢ی کانون یەکەمدا دانیشتنی دووەم بەڕێوە چوو و تێیدا ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی خوێنرایەوە کە ئەمانەن: هێرۆ برایم ئەحمەد، قادر حەمە جان، مەلا بەختیار، عومەر فەتاح، عەدنان موفتی، ئەرسەلان بایز، جەعفەر شێخ مستەفا و دلێر سەید مەجید. پرۆسەکە، بە تێکڕایی، ڕوخساری متمانە بەخشینی وەرگرت. پاش ڕاگەیاندنی ناوەکان، عەدنان موفتی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی، ڕونکردنەوەی دا کە ئەو پێشتر بڕیاری دابوو خۆی بۆ هیچ دەزگایەکی سەرکردەیی هەڵنەبژێرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەست دەکا «گۆڕانێك» بەرەو باشی لە ئارادایە، ڕازی بووە ببێ بە ئەندام لە ئەنجومەنی باڵای سیاسی.

لە دانیشتنی پاش نیوەڕۆدا، کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ ئەوەی پەسند کرد کە دەسەڵاتی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ و گونجاندنی لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرە، بە سەرکردایەتیی هەڵبژێردراو بسپێرێ. تەنها ١٣ کەس دژی پێشنیارەکە وەستانەوە.

دواتر مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی تاوتوێ کران. ئەم بابەتە کاتێکی زۆری خایاند، بۆیە بڕیار درا هەڵبژاردنی ئەنجومەن بۆ سبەی دوا بخرێ.

لە ٢٣ی کانونی یەکەمدا دەست بە پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی تازە کرا. لەبەر زۆریی ژمارەی دەنگدەران و زۆریی ژمارەی کاندیدەکان، پرۆسەکە زۆر لەسەرخۆ بەڕێوە چوو و پێشبینی دەکرا زۆر بخایەنێ. پرۆسەکە بە سەرپەرشتیی دوو دادوەر و لە ژێر چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق بەڕێوە چوو. پاش نیوەڕۆ، وتەبێژی کۆنگرە یاسین ڕەئوف لە کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە پرۆسەکە بە هێمنی و لەسەرخۆ بەڕێوە دەچێ و پاش تەواوبونی پرۆسەی دەنگدان، یەکسەر دەست بە جیاکردنەوەی دەنگەکان دەکرێ و ئەنجامەکانیش سبەی ڕادەگەیەنرێن.

جیاکردنەوەی دەنگەکان زیاتر لەوەی کە پێشبینی دەکرا، کاتی پێویست بوو. لە ٢٥ی کانونی یەکەمدا ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی تازە بڵاوکرایەوە و لە ٢٦ی کانونی یەکەمدا ئەنجامی کۆتایی ڕاگەیەنرا.

لە ١٤ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠دا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی یەکەم کۆبونەوەی بە سەرۆکایەتیی مستەفا چاوڕەش، وەك بەتەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی، بەست. یەکەم ئەرکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی، پێکهێنانی لیژنەیەك بوو لە ٢٠ ئەندام بۆ پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ. هەر لەو کۆبونەوەیە دوا وادە بۆ تەواوبونی ئەرکی لیژنەکە دیاری کرا کە ٢٤ی کانونی دووەمە. لیژنەکە لەم ئەندامانەی سەرکردایەتی پێك هات: فەرید ئەسەسەرد، جەزا سەید مەجید ئەمین، تەلار لەتیف محەمەد، سەردار هەرکی، سەرکەوت زەکی، شاڵاو عەلی عەسکەری، سابیر ئیسماعیل حەمەد، ڕزگار حاجی حەمە، سالار عومەر نوری، ئەحمەد زرار، ڕابیحە حەمەد عەبدوڵڵا، سەرتیپ عەلی محەمەد، ڕێبوار تەها مستەفا،

سۆران جەمال تاهیر، دڵپاك تاهیر دەروێش، بڵێسە جەبار فەرمان، زوبێر عوسمان، چەتۆ ساڵح سەعید، شاناز برایم ئەحمەد، دکتۆر عیززەت سابیر.

پاش پێکهێنانی لیژنەکە و دیاریکردنی دوا وادە بۆ تەواوکردنی کارەکانی، کۆبونەوەکە کۆتایی هات. راگەیەنراوی کۆتایی کۆبونەوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کۆبونەوەکە بڕیاری داوە «تەواوی دامەزراوە و ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەردەوام بن لە کاری ئاسایی رۆژانەی خۆیان تا ئەو کاتەی پەیکەری تازەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتییەوە رێك دەخرێتەوە».

لە ١٥ی کانونی دووەمدا لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ لە بارەگای پێشوی مەکتەبی سیاسی، بە ئامادەبونی هەموو ئەندامەکانی، یەکەم کۆبونەوەی خۆی بەست. لەو کۆبونەوەیەدا فەرید ئەسەسەرد بە سەرۆکی لیژنەکە هەڵبژێردرا، هەروەها چەتۆ ساڵح سەعید بە جێگری سەرۆکی لیژنەکە، سەرکەوت زەکی و تەلار لەتیف محەمەد بە ئەندامی لیژنەکە هەڵبژێردران. وەك پێشتر لە یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بڕیاری لێ درابوو، هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی مافی هەبوو بەشداری لە کۆبونەوەکانی لیژنەکەدا بکات و را و بۆچونەکانی خۆی دەربڕێ، بەڵام مافی دەنگدانی نەبوو. ئەم شێوازی کارکردنە، گفتوگۆکانی دەوڵەمەند کرد. بە درێژایی ماوەی کارکردنی لیژنەکە، ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی سەرکردایەتی، بە پچڕپچڕی، بەشدارییان لە کۆبونەوەکاندا کرد.

سەرەڕای کاری بەردەوام، لیژنەکە نەیتوانی لە کاتی دیاریکراودا ئەرکەکەی بە ئەنجام بگەیەنێ. لە ٢٣ی کانونی دووەمدا لیژنەکە داوای درێژکردنەوەی ماوەکەی کرد. بەپێی رێککەوتنێك لە نێوان سەرۆکی لیژنەکە و مستەفا چاوڕەش، بڕیار درا ماوەی کاری لیژنەکە تا ٢٨ی کانونی دووەم درێژ بکرێتەوە. پاش ئەم رێککەوتنە، مستەفا چاوڕەش بە میدیاکانی راگەیاند کە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی لە ٢٩ی کانونی دووەمدا، کۆبونەوەی دووەم دەبەستێ.

لە ٢٧ی کانونی دووەمدا لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ کارەکانی تەواو کرد و سەرکەوت زەکی راسپێردرا لە روی تەکنیکییەوە پێیدا بچێتەوە و کۆپییەکی هەمواركراو بۆ کۆبونەوەی داهاتوو ئامادە بکات.

لە ٢٨ی کانونی دووەمدا لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ کۆپیی هەمواركراوی پەیڕەوەکەی پەسند کرد و ئەندامانی لیژنەکە یەك بە یەك واژۆیان کرد. تەواوی پرۆسەکە ٧١ سەعات گفتوگۆی بەردەوام و ١٢ کۆبونەوەی خایاند. لە پاڵ بیست ئەندامە هەڵبژێردراوەکەی لیژنەکە، ٣٧ ئەندامی تری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی، بە پچڕ پچڕی، بەشدار بون لە گفتوگۆکانی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەی کە بۆ راییکردنی کارەکان دانرا بوو، کۆبونەوەی دووەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی لە کاتی دیاریکراوی خۆی نەکرا و بۆ ١ی شوبات دوا خرا.

لە ١ی شوباتدا کۆبونەوەی دووەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بە سەرۆکایەتیی مستەفا چاوڕەش سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی، بەسترا. لەو کۆبونەوەیەدا فەرید ئەسەسەرد سەرۆکی لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ وتاری لیژنەکەی خوێندەوە و رایگەیاند کە «لیژنەکە کارە پێڕاسپێردراوەکەی تەواو کردووە» و دەقە هەمواركراوەکەی پەیڕەوی ناوخۆ «دەخاتە بەر دەستی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بۆ ئەوەی بڕیاری یەکجارەکیی لێ بدات».

دوا بە دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە، ویسترا بەشی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆ بخوێنرێتەوە کە تایبەت بە بنەما گشتییەکان بوو، بەڵام هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی داوای دواخستنی خوێندنەوەی دەقە هەمووارکراوەکەیان کرد. هەرچەند هیچ پاساوێك بۆ دواخستنی خوێندنەوەی دەقە هەموارکراوەکە نەهێنرایەوە، بەڵام روون بوو کە ناوەڕۆکی هەندێ لە ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆ، لەگەڵ تێڕوانینی هەندێ لە گروپەکان نەدەگونجا، بۆیە هەوڵێکی زۆر بۆ دواخستنی خوێندنەوەی یەکەمی دەقە هەموارکراوەکە درا. پاش سەرنەگرتنی هەوڵەکە، ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەن هۆڵی کۆبونەوەکەیان بەجێ هێشت و بایکۆتی گفتوگۆکانیان کرد. بەڵام ئەمە ڕێژەی یاسایی کۆبونەوەکەی تێك نەدا، چونکە ١١٠ ئەندام لە سەرجەمی ١٢٤، لە هۆڵەکە مانەوە. لەم دانیشتنەدا یانزە ماددەی پەیڕەوی ناوخۆ تێپەڕێنران.

لە دانیشتنی دووەمدا، لیژنەیەك بۆ بەسەرکردنەوەی گروپە ناڕازییەکان پێك هێنرا بەو مەبەستەی کە چارەسەرێك بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە. لیژنەکە لە هەر یەك لە پەروین بابەکر حەمە ئاغا، خەسرەو گوڵ محەمەد، بافڵ تاڵەبانی، لاهور شێخ جەنگی و قادر عەزیز پێك هێنرا.

هەروەها لیژنەیەکی تر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای سیاسی لە هەر یەك لە رزگار عەلی حەمە جان، شاناز برایم ئەحمەد، لاهور شێخ جەنگی، سەردار هەرکی و دکتۆر میران محەمەد عەباس پێك هێنرا بە مەبەستی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و جێگیرکردنی ئەو دەسەڵاتانە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ.

هەروەها لەو کۆبونەوەیە کۆتایی بەو مشتومڕە هێنرا کە لەسەر ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی هەبوو. کێشەکە پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە لە کۆنگرە ١٢١ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بە دەنگدانی نهێنی هەڵبژێردرا بون، ٣ ئەندامیش بە دەنگدانی راستەوخۆ ببون بە ئەندامی ئەنجومەن و لەم سۆنگەیەوە ژمارەکە گەیشتبووە ١٢٤ ئەندام، لە کاتێکدا پەیڕەوی ناوخۆ ئەوەی تێدا چەسپێنرا بوو کە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی لە ١٢١ ئەندامی پێك دێت. کۆبونەوەکە دانی بەوەدا نا کە لەم رووەوە هەڵەیەکی تەکنیکی لە کۆنگرە رویداوە و ئەم هەڵەیە بە کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەن بۆ ١١٨ ئەندام یان بە زیادکردنی ژمارەکەی بۆ ١٢٤ ئەندام چارەسەر دەکرێ. کۆبونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە شێوەی هەڵبژاردنی هەردوو گروپ یاساییە و هەردوو گروپ شەرعیەتیان لە کۆنگرە وەرگرتووە. پاشان بابەتەکە بە دەنگدان یەکلا کرایەوە: لە سەرجەمی ٨٥ ئەندام کە ئامادەی کۆبونەوەکە بون، ٨٤ ئەندام پشتیوانییان لە زیادکردنی ئەندامانی ئەنجومەن بۆ ١٢٤ ئەندام کرد و تەنها یەك ئەندام دژی بڕیارەکە وەستایەوە.

لە ٢ی شوباتدا کۆبونەوەی سێیەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بەسترا و تێیدا ماددەکانی ١٢ تا ١٨ی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ تێپەڕێنران. لە لایەکی ترەوە، لیژنەی بەسەرکردنەوەی ناڕازییەکان، لە هەوڵێکدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ناکۆکی لەگەڵ ناڕەزاییەکان، چاوی بە هەر یەك لە رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە ڕەش، ئاسۆ مامەند ئیسماعیل، عەدنان محەمەد قادر، شاڵاو کۆسرەت رەسول عەلی، دەرباز کۆسرەت رەسول عەلی و عیماد ئەحمەد کەوت. لیژنەکە بەو ئەنجامە گەیشت کە زۆربەی ناڕازییەکان لەوە نیگەرانن کە دەقی هەموارکراوی پەیڕەوی ناوخۆ پشتیوانیی لە پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی ناوچەکان نەکردووە و پرسی سەرۆك و جێگرەکانی

بە چەشنێك خستۆتە روو كە لەگەڵ تێڕوانینی ناڕازییەكاندا وێك نایەتەوە.

لە ٣ی شوباتدا ئەنجومەنی سەركردایەتیی گشتی لە كۆبونەوەی چوارەمیدا بەردەوام بوو لەسەر پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ و ماددەكانی ١٩ تا ٢٧ی تێپەڕاند. لەو كۆبونەوەیەدا قادر عەزیز ئەندامی لیژنەی بەسەركردنەوەی گروپە ناڕازییەكان، راپۆرتێكی سەرزارەكیی دەربارەی كارەكانی لیژنەكە پێشكەش كرد و رایگەیاند كە دەرفەتی سازان لە ئارا دایە و كێشەكان بەو ئەندازەیە گەورە نین كە چارەسەركردنیان مەحاڵ بێت. پاش تاوتوێ كردنی وردەكاریی راپۆرتە سەرزارەكییەكەی قادر عەزیز، كۆبونەوە داوای لە لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ كرد كۆ ببێتەوە و هەندێ پێشنیار بۆ لێك نزیككردنەوەی تێڕوانینەكان سەبارەت بە هەردوو پرسی پێكهێنانی سەركردایەتییە ناوچەییەكان و هەڵبژاردنی سەرۆك پێشكەش بە لیژنەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی گشتی بكات.

لە ٤ی شوباتدا لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ، بە سەرۆكایەتیی فەرید ئەسەسەرد، لەسەر داوای ئەنجومەنی سەركردایەتیی گشتی، بە ئامادەبونی ١٨ ئەندام، لە بارەگای پێشووی مەكتەبی سیاسی كۆبۆوە و بە جیا میوانداریی هەر یەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی گشتی حاجی مەسیفی و رەسول عومەر لەتیف ناسراو بە وەستا رەسول كرد كە لە كۆبونەوەكەدا تێڕوانینی خۆیان سەبارەت بە كەیسی پێكهێنانی سەركردایەتیی ناوچەكان دەربڕی. یەكەمیان راسپێردراوی هەولێرییە ناڕازییەكان بوو، لە كاتێكدا دووەمیان راسپێردراوی كەركوكییە ناڕازییەكان بوو و هەردوكیان بە پرۆژەوە بەشدارییان لە كۆبونەوەكەدا كرد و تێڕوانینی خۆیان دەربڕی.

كۆبونەوەكە هەردوو پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك و پێكهێنانی سەركردایەتیی ناوچەكانی تاوتوێ كرد و چەند پێشنیارێكی لەم بارەیەوە پێشكەش كرد لەوانە پیادەكردنی سیستمی هاوسەرۆكی و دیاریكردنی میكانیزمەكانی پێكهێنانی حەوت سەركردایەتیی ناوچەیی.

لە ٥ی شوباتدا كۆبونەوەی پێنجەمی ئەنجومەنی سەركردایەتیی گشتی درێژەی بە گفتوگۆكانی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی دا و ماددەكانی ٢٨ تا ٣٣ی تێپەڕاند. لە سەرجەمی ١٢٤ ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتیی گشتی، ٧٣ ئەندام ئامادەی كۆبونەوەكە بون. هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەن باسی ئەوەیان كرد كە عومەر شێخموس، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، ئامادەیی دەربڕیوە بگەڕێتەوە بۆ كوردستان و هەوڵی لێك نزیك كردنەوەی تێڕوانینە ناكۆكەكان و چارەسەركردنی كێشە ناوخۆییەكانی حزب بدات.

لە ٧ی شوباتدا ٢٧ ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتیی گشتی كە گروپێكی فشاریان پێكهێنا بوو، هەوڵێكی جوامێرانەیان بۆ لێك نزیك كردنەوەی بۆچونە جیاوازەكان دەست پێ كرد و بە جیا سەردانی هەر یەك لە بافڵ تاڵەبانی، لاهور شێخ جەنگی ، شاڵاو كۆسرەت رەسول، رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە ڕەش و ئاسۆ مامەندیان كرد و هانیان دان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ناكۆكییەكانیان بە زوترین كات و بەڵێنیان لە هەندێ لە ناڕازییەكان وەرگرت كە بەم زووانە بەشداری لە كۆبونەوە و گفتوگۆكانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی گشتیدا دەكەن.

لە ٨ی شوباتدا كۆبونەوەی شەشەمی ئەنجومەنی سەركردایەتیی گشتی بە ئامادەبونی ١٠٤ ئەندام بەڕێوە چوو. لەو كۆبونەوەیەدا ٢٨ ئەندامی ئەنجومەن بە نوسراوێكی واژۆكراو داوایان كرد تاوتوێكردنی

سیستمی هاوسەرۆکی بخرێتە ئەجیندای کار. پێشنیارەکە بە دەنگی زۆرینە پەسند کرا و کۆبونەوەکە پاش تاوتوێکردنی سیستەمەکە لە هەموو رویەکەوە، پەسندی کرد و لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ چەسپاندی.

هەر لەو کۆبونەوەیە سێ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی، هەر یەك لە بڵێسە جەبار فەرمان، دکتۆر جوان ئیحسان و هەرێم کەمال ئاغا کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقن، داوای مۆڵەتیان کرد بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا. کۆبونەوەکە داواکەی پەسند کرد بۆ ئەوەی حزب لە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی عیراق بە سەرۆکایەتیی محەمەد تۆفیق عەللاوی دانەبڕێ.

کۆبونەوەکە بونی دەستەیەکی جێبەجێکاری بۆ راپەڕاندنی سیاسەتی حزب پەسند کرد و پاش گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ناوی دەستەکە، زۆرینە پشتیوانیی لەوە کرد کە دەستەکە ناو بنرێ مەکتەبی سیاسی ، لەو روانگەیەوە کە ئەم ناوە بەشێکی کەلەپوری سیاسیی حزب پێکدێنێ.

کۆبونەوەکە بەردەوام بوو لەسەر پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ و ماددەکانی ٣٤تا ٤١ی تێپەڕاند.

لە ٩ی شوباتدا کۆبونەوەی حەوتەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بەڕێوە چوو. یەکەم بابەت کە لەو کۆبونەوەیە تاوتوێ کرا، داواکەی پەرلەمانتارانی حزب بوو لە بەغدا بۆ نیشاندانی رەزامەندی بۆ بەشداربونیان لە دانوستانەکانی پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد تۆفیق عەللاوی. ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی رەزامەندیی لەسەر داواکە نیشاندا.

لە کۆبونەوەکەدا نامەیەکی قوباد تاڵەبانی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی، خوێنرایەوە کە تێیدا نیگەرانیی خۆی لە بڕیاری بەکارهێنانەوەی دەستەواژەی «مەکتەبی سیاسی» دەربڕی بوو و رونی کردبۆوە کە ئەم دەستەواژەیە لە پاشماوەی کەلتوری حزبە کۆمۆنیستەکانە و دەبوایە ناوێکی شیاوتر هەڵبژێردرایە.

لە لایەکی ترەوە، حەوت ئەندامی ئەنجومەن، هەر یەك لە ئاریێز عەبدوڵڵا ئەحمەد، شۆڕش ئیسماعیل، قادر عەزیز، رەهبەر سەید برایم بەرزنجی، مەحمود قەرەداغی، لەتیف عومەر مستەفا و شیرین شێخ حسین، بە نوسراو پێشنیاری پێکهێنانی دەستەیەکی کارگێڕیان لە ٣ ئەندام بۆ رایی کردنی کاروباری مەکتەبی سیاسی کرد. ئەنجومەن، پاش تاوتوێکردنی پێشنیارەکە، بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکەی پەسند کرد.

لە دانیشتنی دووەمی کۆبونەوەکەدا ٤٠ ئەندامی ئەنجومەن لە نوسراوێکی واژۆکراودا پێشنیاریان کرد ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی هەموار بکرێتەوە، وشەی «گشتی»ی لێ بقرتێنرێ و بکرێ بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی. پێشنیارەکە، پاش ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر کرا، بە زۆرینەی ٧٨ دەنگ لە سەرجەمی ژمارەی ئامادەبووەکان کە ٨١ ئەندام بون، پەسند کرا.

کۆبونەوەکە لە رەوتی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆدا، پێکهێنانی سەرکردایەتییە ناوچەییەکانی تاوتوێ کرد و لە گفتوگۆیەکی درێژخایەندا کە ٤٤ ئەندامی ئەنجومەن بەشدارییان تێدا کرد، هەوڵ درا چارەسەری بەریەککەوتنی دەسەڵاتەکانی مەکتەبی رێکخستن و سەرکردایەتییە ناوچەییەکان بکرێ و رێ لە سەرهەڵدانی کێشە بگیرێت. لەم کۆبونەوەیەدا هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بەردەوام بوو و ماددەکانی ٤٢ تا ٥٠ تێپەڕێنران.

لە کۆبونەوەی هەشتەمدا لە ١٠ی شوبات، تاوتوێکردنی رێوشوێنەکانی چاککردنەوەی پەیوەندییە ناوخۆییەکان پانتاییەکی پان و بەرینی گفتوگۆکانی گرتەوە، بۆیە دەرفەتێکی زۆر بۆ پێداچونەوەی

پەیڕەوی ناوخۆ نەهاتە ئاراوە، سەرەڕای ئەوەی کە کۆبونەوەکە بە خراپی بەڕێوە چوو.

کۆبونەوەکە لە ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی کۆڵییەوە. نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دانیان بەوەدا نا کە کۆسپ و تەگەرە لەم بارەیەوە هەیە بەڵام پێشبینیی راماڵینی کۆسپ و تەگەرەکانیان کرد. لەو کۆبونەوەیەی کە لە ٩ی شوباتدا لە نێوان هەردوولا بەسترا بوو و ئامانجەکەی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی بوو، نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی پڕۆژەی خۆیان بە شێوەیەکی فەرمی بە نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دابوو و تێیدا دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکەیان پێشنیار کردبوو. نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی رونیان کردبۆوە کە بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکانی ناو پڕۆژەکە، لە کاتی هەمووارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆدا ، بە ئۆرگانەکان دراون، بەشێکیش لەو دەسەڵاتانە لەگەڵ یاسای فیدراڵی حزبەکان یەکناگرێتەوە. نوێنەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی وتبویان کە پێویستیان بە کاتە بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژەکە، هەروەك دەبێ ئەنجومەنی سەرکردایەتیش پڕۆژەکە ببینێ.

لە کۆبونەوەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، ناکۆکییە ناوخۆییەکان زۆر بە قوڵی تاوتوێ کران و تێڕوانینە جیاوازەکان دیاری کران. دەربارەی سیستمی هاوسەرۆکی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کۆبونەوەی شەشەم بڕیاری لێ دابوو، گروپە ناڕازییەکان دژی نەبون، بەڵام مەرجی ئەوەیان هەبوو سەرۆکایەتی لە سێ ئەندام پێك بێت و کەسی سێیەم دکتۆر بەرهەم ساڵح بێت، هەروەها سور بون لەسەر ئەوەی کە دەبێ سەرۆکایەتی دوو جێگری هەبێ، یەکێکیان بۆ هەولێر و ئەوی تر بۆ کەرکوك.

ناڕەزاییەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە گروپە ناڕازییەکان لەو بڕوایەدا بون کە هاوسەرۆکی پڕ بە بەری بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی دوراوە و وایان دەبینی کە نابێ هاوسەرۆکی لە دوو کەسی یەك بنەماڵە پێك بێت. بەشێکی گرفتەکە لەوەدا بوو کە گروپە ناڕازییەکان خۆیشیان لەسەر ئەم بابەتە یەکگرتوو نەبون، بەدەر لەوە سیناریۆی پەسندکراوی دکتۆر بەرهەم ساڵح ئەوە بوو کە خۆی سەرۆك بێ و دوو جێگری هەبێ و لەم رووەوە کێشەی لەوەدا نەبوو کە جێگرەکانی لە یەك بنەماڵە بن.

کۆبونەوەکە لە کاتێکدا کە سیستمی هاوسەرۆکیی پەسند کردبوو، ژمارەی هاوسەرۆکەکانی یەکلا نەکردبۆوە. ئەمەش دوو رای جیاوازی دروست کرد: رایەك پێی وا بوو «هاوسەرۆکی» بە مانای دوو سەرۆك دێ و رایەکی تر وای دەبینی کە «هاوسەرۆکی»بە مانای زیاد لە دوو سەرۆکیش دێ. دەربارەی ئەم بابەتە ١٦ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە نوسراوێکدا کە ئاراستەی دەستەی بەڕێوەبەری کۆبونەوەکە کرابوو، پێشنیاری یەکلاکردنەوەی مانای هاوسەرۆکی و ژمارەی هاوسەرۆکەکانیان کرد و داوایان کرد ئەم پرسە بە دەنگدان کۆتایی پی بێت. ئەوانەی نوسراوەکەیان واژۆ کرد بوو، ئەمانەن: ژینۆ محەمەد ئیسماعیل، فێنك ئەحمەد قادر، ئیمان عەبدولڕەزاق، شیرین شێخ حسێن، رێبوار عومەر حەمەسور جاف، زوبێر عوسمان، کاوە سەلیم، سەرتیپ عەلی محەمەد، چرا عومەر سابیر، فەوزیە نەزیف سابیر محەمەد، مەحمود قەرەداغی، هیوا عەبدوڵلا ئەحمەد، سالار سەرحەد خەلیفە، شاناز برایم ئەحمەد، پەروین کاکە حەمە و هێرش حەبیب حەمید.

ئەندامە کەرکوکییەکانی ناو کۆبونەوەکە رایانگەیاند کە بەردەوام دەبن لەسەر فشار لەسەر کەرکوکییە ناڕازییەکانی دەرەوەی کۆبونەوەکە بۆ وازهێنان لە

بایکۆت. هەروەها شاناز برایم ئەحمەد پێشنیاری کرد بە نامەی فەرمی داوا لە نارازییەکان بکرێ بێن بۆ ئەنجومەن و هۆی بایکۆتکردنی کۆبونەوەکان رون بکەنەوە و را و بۆچونی خۆیان بخەنە روو. بەڵام رەسول عومەر لەتیف بە باشی نەزانی نامە بۆ نارازییەکان بنێردرێ و پێشنیاری کرد مستەفا چاوڕەش خۆی چاوی پێیان بکەوێ و داوایان لێ بکا بێن بۆ ئەنجومەن و بەشداری لە کۆبونەوەکاندا بکەن. هەر لەسەر ئەم بابەتە حەوت ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، هەر یەك لە شاناز برایم ئەحمەد، کاوە سەلیم، سیروان کوێخا نەجم، محەمەد حاجی فایق، ئەحمەد حەمە کەریم باوە شێخ، جوتیار نوری و هێرش حەبیب حەمید بە نوسراو داوایان لە دەستەی بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکە کرد نامە بۆ نارازییەکان بنێردرێ، داوایان لێ بکرێ کۆتایی بە بایکۆتەکەیان بهێنن و بەشداری لە کۆبونەوەکاندا بکەن. لەم رووەوە قادر عەزیز رونی کردەوە کە نارازییەکان بە گونجاوتری دەزانن لە دەرەوە فشار لەسەر کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکەن چونکە دەزانن کەمینەن و لە ناو کۆبونەوەکاندا هیچیان پێ تێناپەڕێنرێ، بۆیە داوای پشك پشکێنە دەکەن و پرنسیپی هەڵبژاردنی لێپرسراوەکان رەت دەکەنەوە.

لە کۆبونەوەی نۆیەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا لە ١١ی شوبات کە ٩ سەعاتی خایاند، پێداچونەوە بەو ماددانەی پەیڕەوی ناوخۆ کرا کە تایبەت بە مەکتەبەکان بون، لەو کۆبونەوەیە شانزە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، هەر یەك لە سەرتیپ عەلی محەمەد، رزگار حاجی حەمە، ئیمان عەبدولڕەزاق، سالار سەرحەد خەلیفە، کاوە سەلیم، سۆران جەمال تاهیر، زوبێر عوسمان، سەرکەوت محەمەد غەفور، دڵپاك تاهیر، غازی محەمەد حەمە رەشید، فێنك ئەحمەد قادر، شیرین شێخ حسێن، ژینۆ محەمەد ئیسماعیل ، لەتیف نێروەیی، چرا عومەر سابیر و شلێر غەفور عیززەت بە نوسراو داوایان لە دەستەی سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکان کرد سێکتەری مەکتەبەکان بە نیوەناچڵی بۆ کۆبونەوەی داهاتوو نەهێڵدرێتەوە و پێشنیاریان کرد کۆبونەوەکە بەردەوام بێ تا هەموارکردنەوەی هەموو ماددەکانی تایبەت بە مەکتەبەکان.

کۆبونەوەکە هیچ تەمومژێکی لەسەر مانای هاوسەرۆکی نەهێشت و لە دەنگداندا ٧٠ ئەندام لە سەرجەمی ٨١ ئەندامی ئامادەی کۆبونەوەکە پشتگیریی ئەو تێڕوانینەیان کرد کە هاوسەرۆکی بە مانای سەرکردایەتییەکی دوو کەسی دێت، لە کاتێکدا تەنها ٥ ئەندام دژی ئەو تێروانینە دەنگیان دا، ٦ ئەندامیش دەنگیان نەدا. بەم دەنگدانە، مەسەلەی سەرۆکایەتی لەسەر بنەمای هاوسەرۆکی یەکلا کرایەوە. سەبارەت بەم مەسەلەیە. حاجی مەسیفی رەخنەی لەوە گرت کە هێشتا ئەنجامی دانوستان لەگەڵ نارازییەکان یەکلا نەبۆتەوە، کەچی مەسەلەی هاوسەرۆکی خراوەتە دەنگدانەوە. هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەن کە بە یەکلاکردنەوەی مەسەلەی هاوسەرۆکی پەست بون، هەنگاوەکەیان بە «دیکتاتۆریای زۆرینە» ناو برد.

کۆبونەوەکە بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی و لە چوارچێوەی تاوتوێکردنی ماددەی تایبەت بە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، راسپاردەکەی لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەسند کرد سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانەوەی ناوە کۆنەکەی «بیر و هۆشیاری» بۆ مەکتەبەکە. بەڵام لە رەوتی گفتوگۆکاندا بێستون سابوراوایی پێشنیاری ناوی «ئەکادیمیای گەشەپێدانی مرۆیی« ی کرد. لە کۆتاییدا کۆبونەوەکە لەسەر ناوی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

گیرسایەوە. هەروەها ستران عەبدوڵڵا پێشنیاری ناوی «رێبازی نوێ»ی بۆ گۆڤاری فیکریی مەکتەبەکە کرد، لە کاتێکدا دکتۆر رێبوار ئیسماعیل عەبدوڵڵا داوای هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبەکەی کرد گوایە «خزمەتگوزاری» نەك «بیر» خەمی ئەم سەردەمەیە.

هەروەها کۆبونەوەکە راسپاردەکەی لیژنەی پێداچونەوەی پەیرەوی ناوخۆی سەبارەت بە تێکهەڵکێش کردنی مەکتەبی شەهیدان و دەزگای خزمەتی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکانی پەسند کرد و بڕیاری فراوانکردنی ئەرکەکانی مەکتەبە تازەکەی دا.

لەم سەروبەندەدا ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە نوسراوێکدا بۆ دەستەی سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکان، پشتیوانییان لە داوایەکی پەروین کاکە حەمە کرد کە داوای کردبوو بانکی زانیاری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی نەبێ، بەڵکو سەر بە سەرۆکایەتی یان دەستەی کارگێڕ بێ. پاش گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل و گوێگرتن لە را و بۆچونی خاوەنی داواکە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا بانکی زانیاری هەر سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بێت.

دوا بابەت کە کۆبونەوەکە تاوتوێی کرد، بۆردی وەزرشـی بـوو کە لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ پێشنیاری کردبوو. لەم سەروبەندەدا کۆبونەوەکە پێویستیی بوردەکەی پەسند کرد، بەڵام دوو پێشنیار لە بارەیەوە هاتنە ئاراوە، یەکەمیان ئەندامانی ئەنجومەن، هەر یەك لە ئیمان عەبدولڕەزاق محەمەد و حەمەسور دوشیوانی، هێنایانە ئاراوە و پێیان باش بوو بۆردەکە سەر بە مەکتەبی ریکخراوە دیموکراتییەکان بێ، دووەمیان ئاراس شێخ جەنگی خستییە روو و تێیدا پێشنیاری کرد بۆردەکە سەر بە دەستەی کارگێڕ بێ، لە کۆتاییدا بڕیار درا بۆردەکە لە لایەن دەستەی کارگێڕەوە سەرپەرشتی بکرێ.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەم کۆبونەوەیەدا کە بە درێژترین کۆبونەوەی ئەنجومەن دەژمێردرێ، ماددەکانی ٥١ تا ٦٤ ی پەیڕەوی ناوخۆی تێپەڕاند.

ئێوارەی ئەو رۆژە، نامەیەکی کتوپڕ لە لایەن ئەنجومەنی باڵای سیاسییەوە گەیشتە دەستی مستەفا چاوڕەش، تێیدا هاتبوو کە پێویستە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی «بۆ ماوەیەك» هەڵپەسێردرێن، گوایە بڕیارەکانی ئەم دواییەی ئەنجومەن «مەترسییان لەسەر هاوسەنگیی ریزەکانمان هەیە» و ئەو بڕیارانە «پێش یەکالاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵا لە لایەن لیژنەی هاوبەشی هەردوو ئەنجومەنەوە، شەرعیەتی ئۆرگانیکی وەرناگرن»، هەروەها لە نامەکەدا داوا لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرابوو رەوشی حزب وردتر «لێك بدەنەوە و تەواوی ئەگەرەکان لەبەرچاو بگرن». نامەکە کە هیچ پاساوێکی رەوای نەبوو، نیگەرانییەکی زۆری لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی دروست کرد، بەتایبەتی کە سەتەلایتی «روداو» کۆپییەکی نامەکەی دەست کەوتبوو و ریپۆرتاژی لەسەر کردبوو.

لە ١٢ی شوباتدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەیەم کۆبونەوەی خۆی ئەنجام دا. لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا مستەفا چاوڕەش نامەکەی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی خوێندەوە و هەوڵیدا دۆخەکە هێور بکاتەوە. ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەم لە ناوەڕۆکی نامەکە نیگەران بون هەم لەوەی کە نامەکە بەر لەوەی کە بگا بە دەستیان، لە میدیاکان بڵاو کراوەتەوە.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی داواکەی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی پشتگوێ خست و بەردەوام بوو

لەسەر کۆبونەوەکانی خۆی و دانیشتنی یەکەمی بە میوانداری کردنی یاسین رەئوف رەسول نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە میسر دەست پێ کرد. یاسین رەئوف رەسول وردەکاریی شێوەی تێپەڕاندنی پرۆژەی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی لە کۆنگرە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی رون کردەوە، بەتایبەتی کە ئەو ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیار و وتەبێژی کۆنگرەی چوارەم بوو. گفتوگۆ لەگەڵ یاسین رەئوف رەسول، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بەرچاوڕونتر کرد و تێڕوانینێکی قوڵتری بۆ پرسە تاوتوێکراوەکە پێ بەخشین.

پاش کۆتایی هاتنی میوانداریيەکە، یانزە ئەندامی سەرکردایەتی لەوانە ئاریێز عەبدوڵڵا ئەحمەد، فەرید ئەسەسەرد، رەهبەر سەید برایم بەرزنجی، قادر عەزیز، مەحمود قەرەداغی، دکتۆر عیززەت سابیر و حامد حاجی غالی، بە نوسراو داوایان کرد پرسی پێکهێنانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی بخرێتە ئەجینداى کۆبونەوەکەوە. پێشنیارەکە دەنگی زۆرینەی بەدەست هێنا و بابەتەکە گفتوگۆی لەسەر کرا.

لە گفتوگۆکاندا رای جیاواز هاتە ئاراوە. دژەکان پێیان وابوو پێویست ناکا مەکتەبی کۆمەڵایەتی هەبێ، بەڵام دەشێ بۆردێکی کۆمەڵایەتی هەبێ و سەر بە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان یان سەرکردایەتیی ناوچەکان یان مەڵبەندەکان بێت، لە کاتێکدا لایەنگرانی بونی مەکتەبەکە پێیان وابوو مەکتەبە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە و مایەی زیادکردنی لایەنگرانە بۆ حزب. لە کۆتاییدا کۆبونەوە بڕیاری لەسەر مانەوەی مەکتەبەکە دا و لیژنەیەکی لە ئەحمەد زرار، محەمەد حاجی فایق، سەردار هەرکی، حامد حاجی غالی، شەونم زرار عەزیز، شلێر غەفور ژاژڵەیی، رزگار حاجی حەمە، سالار سەرحەد خەلیفە و سابیر ئیسماعیل حەمەد پێکهێنا بۆ داڕشتنی ماددەیەکی تایبەت بە مەکتەبی کۆمەڵایەتی لە پەیڕەوی ناوخۆدا.

لیژنەکە پێشنیاری کرد ناوی مەکتەبەکە بگۆڕدرێ و بکرێتە مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکان. لە رەوتی گفتوگۆکاندا، رەسول عومەر لەتیف و سەرتیپ عەلی محەمەد پێشنیاریان کرد مەودای چالاکییەکانی مەکتەبەکە فراوان بکرێ بە چەشنێك کە زاناکانی ئاینیش بە مەکتەبەکەوە ببەسترێنەوە.

دانیشتنی دووەمی کۆبونەوەکە بۆ تاوتوێکردنی بابەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی ناوچەکان تەرخان کرا، بەڵام کۆبونەوەکە، لەبەر زۆریی بۆچونە جیاوازەکان و بەریەککەوتنی راکان، هیچی پێ یەکلا نەکرایەوە، بۆیە کۆبونەوە بە کراوەیی هێڵدرایەوە.

لە ١٣ی شوباتدا کۆبونەوەی یانزەهەمی ئەنجومەنی سەکردایەتی بەسترا. هەر لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا، داوا لە هەر یەك لە سەردار هەرکی، شاناز برایم ئەحمەد، خەسرەو گوڵ محەمەد و بافڵ تاڵەبانی کرا بەردەوام بن لەسەر کۆبونەوەکانیان لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای سیاسی بۆ گەیشتن بە سازان. پاشان ئاڵا تاڵەبانی لەبری دکتۆر جوان ئیحسان کە لە بەغدا بوو، کورتەیەکی دەربارەی هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی تازە پێشکەش کرد و وتی هێشتا رێککەوتنی تەواو لەسەر کابینەی تازە نەکراوە و عەللاوی هەر سورە لەسەر پێکهێنانی کابینەیەکی تکنۆکرات کە وەزیرەکانی کاندیدی حزبەکان نەبن.

کۆبونەوەکە چۆوە سەر ئەو بابەتەی کە لە کۆبونەوەی پێشوو هیچ سازانی لەسەر نەکرا بوو، ئەویش بابەتی پێکهێنانی سەرکردایەتیی ناوچەکانە. فەرید ئەسەسەرد پێشنیاری کرد کێشەکە پارچە پارچە بکرێ و بە دوو قۆناغ چارەسەرە بکرێ: لە قۆناغی یەکەمدا چوار ئەنجومەنی ناوچەیی لە

پارێزگاكانی دهۆك، هەولێر، كەركوك و سلێمانی پێك بهێنرێن و لە قۆناغی دووەمـدا، پاش شەش مانگ، ئەنجومەنی سەركردایەتی بكەوێتە گەڕ بۆ تاوتوێكردنی بژاردەی پێكهێنانی ئەنجومەنی دیكە لە ناوچەكانی تر. بەڵام پەیوەست بەم مەسەلەیە، لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا گۆڕانی دراماتیكی بەسەر بیركردنەوەی ژمارەیەكی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتیدا هاتبوو، بەتایبەتی كەركوكییە ناڕازییەكان، كە وازیان لە پشتیوانی كردنی پرۆژەی سەركردایەتیی ناوچەكان هێنا بوو. ئەوانە وا پاساویان بۆ هەڵوێستە تازەكەیان هێنایەوە كە زیادكردنی ژمـارە و دەسـەڵاتـی مەكتەبە ناوەندییـەكان هیچ بەهایەكی بۆ سەركردایەتیی ناوچەكان نەهێشتۆتەوە. پەشیمانبونەوەی كەركوكییەكان لە پشتگیری كردنی پرۆژەكە، وای كرد هەولێرییەكان لە مەیداندا بە تەنها بمێننەوە. لە سۆنگەی ئەم پێشهاتە تازەوە، حاجی مەسیفی ناڕەزایی توندی دەربڕی، هەروەك دكتۆر مەجید محەمەد ئەمین سادق، لە هەوڵێكدا بۆ فریاكەوتنی پرۆژەكە، پێشنیاری كرد پرۆژەكە لە سەرەتادا بە شێوەیەكی ئەزمونی، لە هەولێر و دهۆك تاقی بكرێتەوە و ئەگەر لەم دوو شوێنە سەركەوتوو بێ، دەكرێ لە ناوچەكانی تریش جێبەجێ بكرێ. سەرەڕای هەموو هەوڵەكان بۆ فریاكەوتنی پرۆژەكە، زۆریـنـەی ئەنجومەنی سەركردایـەتی دەسـتی لێ هەڵگرت.

پـاش بـەلاداخستـنـی ئـەم بـابـەتـە، كۆبـونـەوەكە چووە سەر تاوتوێكردنی بابەتی حوكمە كۆتاییەكان كـە كاتێكی زۆری نـەویـست. بـەمـجـۆرە، تەنها چەسپاندنی دەسـەڵاتـەكـانـی ئەنجومەنی بـاڵای سیاسی لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ مایەوە. ئەم بابەتەش بەندە بە ئەنجامی گفتوگۆكانی نێوان ئەنجومەنی سەركردایەتی و ئەنجومەنی باڵای سیاسی. بەم پێیە، ئەنجومەنی سەركردایەتی بە درێژایی ماوەی نێوان ١٤ی كانونی دووەم و ١٣ی شوبات، ٦١ سەعات بە پێداچونەوەی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆوە سەرقاڵ بووە. لە كۆتایی كۆبونەوەكەدا بڕیاری پێكهێنانی لیژنەیەك بۆ پێداچونەوەی پرۆگرامی حزب درا كە لەم ئەندامانە پێكهات: فەرید ئەسەسەرد، سەرتیپ عەلی محەمەد، لەتیف نێرەیی، شەونم زرار عەزیز، مەحمود قەرەداغی، شاڵاو عەلی عەسكەری، چەتۆ ساڵح سەعید و ئارێز عەبدوڵڵا ئەحمەد.

لە ١٤ی شوباتدا جموجوڵێكی ناوبژیكارانەی چوست و چـالاك كـەوتـە گـەڕ كـە دایـنـەمـۆكـەی یاسین رەئوف رەسول بوو. یاسین رەئوف، نوێنەری حزب لە میسر، لە دەستپێشخەرییەكی جوامێرانەدا بۆ چارەسەركردنی كێشە ناوخۆییەكانی حزب، بە چەشنێكی سەرنجڕاكێش سەركەوتوو بوو لە تواندنەوەی بەستەڵەكی نێوان گروپە ناكۆكەكان لە ڕێی كاری دیپلۆماتكارانەی نـەرمـەوە و توانی بە ئەندازەیەك لێكیان نزیك بكاتەوە كە هەندێكیان بەڵێنیان دا كە ئـامـادەن بایكۆتكردنی كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتی بشكێنن و رۆڵێكی ئەرێنیتر بگێڕن. لە رەوتی گفتوگۆكاندا، رێككەوتن لەسەر ئەوە كرا كە دانوستان بۆ گەیشتن بە لێك تێگەیشتنی تەواو بـەردەوام بێ. بـەڵام لەبەر ئـەوەی كۆسرەت رەسـول عەلی بۆ چارەسەر دەچوو بۆ ئوردون، پێشنیار كرا كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتی هەڵپەسێردرێن تا ئەو كاتەی ئەو دەگەڕێتەوە و هەروەها بۆ ئەوەی گروپە دانوستانكارەكان، دور لە فشاری كۆبونەوەكان، بەردەوام بن لەسەر هەوڵەكانیان بۆ بەدیهێنانی سازانی سیاسی.

لە ١٥ی شوباتدا كۆسرەت رەسول عەلی، پاش ٣٣ رۆژ لە دەستپێكردنی كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتی، بە یاوەریی بافڵ تاڵەبانی و لاهور

شێخ جەنگی و مستەفا چاوڕەش و یاسین رەئوف رەسول، ئامادەی کۆبونەوەی دوانزەهەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بوو، لە وتارێکی کورتدا جەختی کردە سەر تەبایی و یەکڕیزیی حزب و وتی پاراستنی حزب «ئەرکی هەمومانە» و پێویستە «یەکێتیی ناو یەکێتی بپارێزرێ» و لەم سەروبەندەدا داوای لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرد تا ئەو لە ئوردون دەگەڕێتەوە، کۆبونەوەکانی رابگرێ. دوای وتارەکە. مستەفا چاوڕەش سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکان قسەی کرد و رایگەیاند کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی داواکە جێبەجێ دەکا. ئینجا بافڵ تاڵەبانی لە وتارێکی کورتدا رایگەیاند کە کۆسرەت رەسول عەلی «تەرەف نیە لە کێشەکاندا» و دوای ئەو ، لاهور شێخ جەنگی قسەی کرد و وتی کۆسرەت رەسول عەلی پێشتریش هەوڵیداوە ئامادەی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکرداتی بێ بەڵام « لەبەر هەندێ هۆ» بۆی نەلواوە، هەروەها وتی هەموان بە برا گەورەیی کۆسرەت رەسول عەلی رازین کە پارێزەری پەیڕەوی ناوخۆیە و هەموان بەو چاوە سەیری دەکەن کە «ناوبژیوانە نەك تەرەف»و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە حزب بە پێشڕەوایەتیی کۆسرەت رەسول عەلی دەگا بە «ئەنجامی خوازراو».

کۆبونەوەکە زۆری نەخایاند، بەڵام رۆڵی گەورەی لە هێورکردنەوەی دۆخەکەدا هەبوو و ئومێدی گەیشتن بە لێك تێگەیشتنی زیاد کرد. هەر لەو کۆبونەوەیە داوا لە لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ کرا پێداچونەوەیەکی تەکنیکی و زمانەوانی بە دەقە هەموارکراوەکەدا بکا و کۆتا دەق پێشکەش بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکا.

لە ١٦ی شوباتدا هەردوو لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرام لە بارەگای پێشوی مەکتەبی سیاسی دەستیان بە کارەکانی خۆیان کرد. لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ دەستی بە پێداچونەوەی تەکنیکی و زمانەوانیی دەقەکە کرد و هەر ئەو رۆژە کارەکەی تەواو کرد، لە کاتێکدا لیژنەی پرۆگرام کاتێکی زۆرتری پێویست بوو، بەڵام لە کۆتاییدا کارەکەی لە ١٧ی شوباتدا تەواو کرد.

کۆبونەوەی سیانزەهەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ١٨ی شوباتدا بە کۆبونەوەیەکی گرنگ دەژمێردرێ، چونکە ئەم کۆبونەوەیە پێشهاتی گرنگی بە خۆیەوە بینی. لە کۆبونەوەکەدا بڕیار درا وشەی کارگێڕ بۆ جێگرانی سەرۆکایەتی بەکار بهێنرێ، هەروەها بڕیار درا ژمارەی کارگێڕەکان زیاد بکرێ و بکرێتە ٥ تا ٧ کارگێڕ. هەروەها کۆبونەوە بڕیاری دا شاندێك بە سەرۆکایەتیی لاهور شێخ جەنگی پێك بهێنرێ بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی تازە لە بەغدا. کۆبونەوە لاهور شێخ جەنگیی راسپارد ئەندامانی شاندەکە لە ئەندامە پەرلەمانتارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێك بهێنێ و هەماهەنگی لەگەڵ کۆسرەت رەسول عەلی بکات. دواتر، پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ بە هەموارکراوی رادەستی دەستەی سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکان کرا و هەر لەو کۆبونەوەیە خرایە دەنگدانەوە ، بە زۆرینەی ٧٩ دەنگ لە سەرجەمی ٩٣ ئەندامی ئامادە پەسند کرا. ئەمەش رێی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی خۆش کرد.

لە دانیشتنی دووەمی کۆبونەوەکەدا، بڕیار لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی درا. هەر یەك لە لاهور شێخ جەنگی و بافڵ تاڵەبانی کاندید کران و بە زۆرینەی ٩٢ دەنگ بەرامبەر بە یەك دەنگی دژ، بە هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردران.

لە کۆبونەوەی چواردەهەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ١٩ی شوبات کە یەکەم کۆبونەوە بوو بافڵ تاڵەبانی وەك هاوسەرۆك بەڕێوەی بەرێ، لیژنەی پێداچونەوەی پڕۆژەی پرۆگرام بە

سەرۆکایەتیی فەرید ئەسەسەرد ئەنجامی کارەکانی بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی ڕاگەیاند. دوا بە دوای ئەمە، گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەسەر دەقی هەموارکراوی پرۆژەکە هاتە ئاراوە. پاشان بڕیار درا گفتوگۆکانی پەیوەست بە پەیڕەوی ناوخۆ لە ڕۆژانی داهاتوو درێژەیان هەبێ.

بەر لەوەی کۆبونەوەکە کۆتایی پێ بهێنرێ، قوباد تاڵەبانی بە کۆبونەوەکەی ڕاگەیاند کە گفتوگۆکانی لەگەڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی بەوە گەیشتون کە هەردولا هاوڕان لەسەر پێویستیی بونی هەماهەنگی لەسەر بەرزترین ئاست لە نێوان هاوسەرۆکەکان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای سیاسی و لە شەممەی داهاتووەوە گفتوگۆکان بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی دەست پێ دەکەنەوە و وتی بەڵێنی لە کۆسرەت ڕەسول عەلی وەرگرتووە کە چیتر لاپەڕە کۆنەکان هەڵنەدرێنەوە و پێکەوە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکرێ. قوباد تاڵەبانی وتی «دەتوانین بگەین بە لێك تێگەیشتن و هەموان نیازێکی پاکیان دەربڕیوە». لەم سەروبەندەشدا بافڵ تاڵەبانی بە کۆبونەوەکەی ڕاگەیاند کە دکتۆر بەرهەم ساڵح بە تەلەفۆن پیرۆزبایی لێ کردون و «ڕەنگە بێتە ئێرەش».

پێنج سەعات پاش تەواوبونی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، شەو ڕونکردنەوەیەك لە لایەن نوسینگەی ڕۆژنامەوانیی کۆسرەت ڕەسول عەلییەوە بڵاو کرایەوە کە تا ئەندازەیەکی زۆر دۆخە هێورەکەی ناو حزبی شڵەژاند. ڕونکردنەوەکە تێیدا هاتبوو کە «دەنگۆیەك» بڵاو بۆتەوە کە گوایە کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی «ڕێککەوتنی نهێنی»ی لەگەڵ لاهور شێخ جەنگی و بافڵ و تاڵەبانی بۆ تێپەڕاندنی سیستمی هاوسەرۆکی ئەنجام داوە، لە کاتێکدا کە ئەو هیچ ڕێککەوتنێکی نهێنیی ئەنجام نەداوە و هەمیشە لەگەڵ «تەبایی و یەکڕیزیی» یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. هیچ پاساوێك بۆ ڕونکردنەوەکە نەبوو، چونکە ڕێککەوتنی تەواو لەسەر سیستمی هاوسەرۆکی و شێوەی دابەشکردنی لێپرسراوەتییەکان کرا بوو. بیری زاڵ ئەوەیە کە ڕونکردنەوەکە زۆرتر لە ژێر فشاری هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی دەرچووە کە بە گومان بون لە بوونی سەودایەکی نهێنی لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و هەر یەك لە لاهور شێخ جەنگی و بافڵ تاڵەبانی.

لە کۆبونەوەی پانزەهەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ٢٠ی شوبات، بۆ یەکەم جار لەوەتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەستی بە کۆبونەوەکانی کردووە، دوو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، هەر یەك لە مەحمود سەنگاوی و میقداد بەهادین محێدین، کە بایکۆتی کۆبونەوەکانیان کردبوو، ئامادەی کۆبونەوەکە بون و بەشدارییان تێدا کرد، سەنگاوی پیرۆزبایی لە هاوسەرۆکان کرد بە بۆنەی هەڵبژاردنیان بۆ سەرۆکایەتیی حزب، دیدی خۆی بۆ پەیوەندییەکانی ناو حزب دەربڕی و وتی «بە هەمومان دەتوانین یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەشە پێ بدەین».

لەو کۆبونەوەیەدا ئەو ماددانەی لە پرۆگرام مابوون، تاوتوێ کران و پاشان داوا لە لیژنەی پرۆگرام کرا پێداچونەوەی تەکنیکی بە دەقەکەدا بکا بۆ ئەوەی لە کۆبونەوەی داهاتوودا دەنگی لەسەر بدرێ.

لە کۆبونەوەی شانزەهەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ٢٣ی شوبات، بابەتی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لە ئێران بڵاو ببۆوە تاوتوێ کرا و باس لەوە کرا کە ئەم پەتایە دەگاتە کوردستان و ڕەنگە بڕیار لە ڕاگرتنی دەوامی خوێندنگەکان بدرێ. لە کۆبونەوەکەدا لیژنەی

پرۆگرام کۆتا دەقی هەموارکراوی پرۆگرامی پێشکەش کرد. پاش گفتوگۆیەکی کورت، کۆبونەوە پەسندی کرد. هەروەها کۆبونەوە دەقی دیکۆمێنتی راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی چوارەمی پەسەند کرد و لەم سەروبەندەدا داوا لە لیژنەی پرۆگرام کرا بەر لە چاپکردنی راپۆرتەکە، پێداچونەوەیەکی تەکنیکیی پێدا بکا.

لە کۆبونەوەی حەڤدەهەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە **٢٧**ی شوبات، کە بە ئامادەبونی **٩٢** ئەندام بەرێوە چوو، بەدواداچون بۆ گفتوگۆکانی نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و گروپە نارازییەکان کرا. دەرکەوت گفتوگۆکان هیچ پێشکەوتنێکیان بەدەست نەهێناوە و کێشەکان هەر بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، هەروەك دەرکەوت ئەو گفتوگۆیانەی لەو ماوەیەدا لەگەڵ نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی ئەنجام دراون، گیریان خواردووە و لە شوێنی خۆیان چەقیون. کۆبونەوەکە نیشانی دا کە لەبەر سەرقاڵبون بە کۆبونەوەکان و دانەنانی لێپرساوی تازە بۆ مەڵبەند و مەکتەب و دەزگاکان، تەواوی ئۆرگانەکانی حزب پەکیان کەوتووە و نابێ ئەم دۆخە لەوە زیاتر درێژە بکێشێ. لە رەوتی گفتوگۆکاندا، بڕیار درا هەم چانسێکی تر بە گفتوگۆ لەگەڵ گروپە نارازییەکان و ئەنجومەنی باڵای سیاسی بدرێ، هەم ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی لێپرساوانی ئۆرگانەکان بکرێ. هەر لەم کۆبونەوەیە فۆرمی خۆکاندیدکردن بۆ پۆستەکانی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی و جێگرەکەی و بڕیاردەر، کارگێڕەکان، لێپرساوانی مەکتەب و بۆرد و مەڵبەندەکان بەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا دابەش کرا. پەیوەست بەم بابەتە، مەحمود سەنگاوی پێشنیاری کرد کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی تا ئەو کاتەی سازان لەگەڵ گروپە نارازییەکان دێتە دی، رابگیرێن. بەڵام تێڕوانینی زۆرینە تێڕوانینێکی جیاواز بوو.

لیژنەی کاروباری خۆکاندیدکردن کە لە پەروین کاکە حەمە، رزگار عەلی حەمە جان، مەحمود قەرەداغی و رزگار حاجی حەمە پێکهاتبوو، میکانیزمەکانی پرۆسەی خۆکاندیدکردنی بۆ لێپرساوەتیی ئۆرگانەکان دیاری کرد و لە رێنماییەکانیدا رونی کردەوە کە ئەو ئەندامانەی کە لە حکومەت و پەرلەمان پۆستیان هەیە، ئەگەر بۆ لێپرساوەتیی هەر ئۆرگانێك هەڵبژێردرێن، دەبێ دەستبەرداری پۆستەکانیان بن لە حکومەت و پەرلەمان، هەروەها بڕیار درا کاندیدی هەر پۆستێك، دەبێ شارەزایی و ئەزمونی کارکردنی لە بوارەکەدا هەبێ.

کۆبونەوەکە ئەوەشی یەکلا کردەوە کە دەستەی سەرپەرشتیاری پرۆسەی هەڵبژاردن، لەو ئەندامانە پێکدێ کە خۆیان بۆ هیچ ئۆرگانێك کاندید ناکەن. لە کۆتاییدا، کۆبونەوەکە بڕیاری دا لە **٢٩**ی شوباتدا سکرتێر و جێگری سکرتێر و بڕیاردەری ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵببژێردرێن.

لە کۆبونەوەی هەژدەهەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە **٢٩**ی شوبات، پاش تاوتوێکردنی بارودۆخی بەغدا و دوا پێشهاتەکانی پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی تۆفیق عەللاوی، ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی و جێگر و بڕیاردەرێك کرا و لیژنەی کاروباری خۆکاندیدکردن رایگەیاند کە بۆ پۆستی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی تەنها یەك کاندید هەیە، ئەویش فەرید ئەسەسەردە، بۆ پۆستی جێگر دوو کاندید هەیە ئەوانیش هەر یەك لە مستەفا چاڵاوی و ئەحمەد عەبدوڵڵا عەسکەرییە، بۆ پۆستی بڕیاردەریش دوو کاندیدی ژن بە ناوی تابان عەبدوڵڵا گەرمیانی و شلێر عیززەت ژاژڵەیی هەیە. بەر لەوەی

پرۆسەی دەنگدان دەست پێ بکا، لە کاندیدەکان هەر یەك لە ئەحمەد عەبدوڵڵا عەسکەری و شلێر عیززەت ژاژڵەیی کشانەوە.

پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەی دەنگدانی نهێنیی راستەوخۆ بەڕێوە چوو. لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ١٠٨ ئەندامی ئامادەی کۆبونەوەکە بەشدارییان لە پرۆسەی دەنگداندا کرد. یەك فۆرم بەسەر دەنگدەراندا دابەش کرا کە ناوی هەر سێ کاندیدی لەسەر بوو. لیژنەی کاروباری خۆکاندیدکردن رایگەیاند کە لە سەرجەمی ١٠٨ ئەندام، ١٠٦ ئەندام دەنگیان داوە و دوو ئەندام فۆرمەکانیان بە سپێتی خستۆتە سندوقی دەنگدانەوە. لیژنەکە بە بەشداریی هەر یەك لە حاجی مەسیفی و ئاڤێستا محەمەد عیززەددین، ئەرکی جیاکردنەوەی دەنگەکانی گرتە ئەستۆ. لە کۆتاییدا راگەیەنرا کە هەر یەك لە سێ کاندیدەکە ١٠٣ دەنگی بەدەست هێناوە. پشت بەست بەم ئەنجامە، لیژنەکە رایگەیاند کە هەر یەك لە فەرید ئەسەسەرد وەك سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی، مستەفا چاڵاوی وەك جێگری سکرتێر و تابان عەبدوڵڵا گەرمیانی وەك بڕیاردەر سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردندا بەدەست هێناوە.

لە کۆبونەوەی ٤ی ئازاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی ، لێپرسراوانی مەڵبەندەکانی رێکخستن هەڵبژێردران. لەم پرۆسەیەدا ١٠٧ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەشدارییان لە دەنگداندا کرد و ١٧ لێپرسراویان لە نێو ٢١ کاندید بۆ ١٧ مەڵبەندی رێکخستن هەڵبژارد. بەمجۆرە، جەزا سەید مەجید بۆ لێپرساوەتیی مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی هەڵبژێردرا، حەمەسور دووشیوانی بۆ مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوك، دکتۆر رێبوار ئیسماعیل بۆ مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر، ئاراس جانگیر محەمەد ئاغا بۆ مەڵبەندی ٤ی رێکخستنی دهۆك، رابیحە حەمەد عەبدوڵڵا بۆ مەڵبەندی ٥ی رێکخستنی بەغدا، زوبێر عوسمان بۆ مەڵبەندی ٦ی رێکخستنی سۆران، سابیر ئیسماعیل حەمەد بۆ مەڵبەندی رێکخستنی ٧ی نەینەوا، هێرش حەبیب حەمید بۆ مەڵبەندی ٨ی رێکخستنی خانەقین، سەرتیپ عەلی محەمەد بۆ مەڵبەندی ٩ی رێکخستنی شارەزور، عەبدوڵڵا کانی بەردی بۆ مەڵبەندی ١٠ی رێکخستنی پێشمەرگە، پۆڵا سیروان تاڵەبانی بۆ مەڵبەندی ١١ی رێکخستنی گەرمیان، رێبوار عومەر حەمەسور جاف بۆ مەڵبەندی ١٢ی رێکخستنی چەمچەماڵ، ئەبوزێد ساڵح مستەفا بۆ مەڵبەندی ١٤ی رێکخستنی کۆیە، داوود جندی سلێمان بۆ مەڵبەندی ١٥ی رێکخستنی شنگال، کەریم شکور محەمەد قادر ناسراو بە مەلا کەریم بۆ مەڵبەندی ١٦ی حەمرین، نەسروڵڵا سورچی بۆ مەڵبەندی ٢٠ی قەرەچوغ، وسو ئیبراهیم رەسول ناسراو بە مەلا ئاری بۆ مەڵبەندی ٢٤ی رێکخستنی راپەڕین.

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا، سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی رایگەیاند کە ئەو ١٨ کۆبونەوەیەی کە بە کۆبونەوەی ١٤ی کانونی دووەم دەستیان پێ کردووە و بە کۆبونەوەی ٢٩ی شوبات کۆتاییان هاتووە، بە یەك کۆبونەوە دەژمێردرێن، چونکە حەڤدە کۆبونەوەکەی پاش کۆبونەوەی یەکەم بە درێژەپێدانی کۆبونەوە کراوەکەی کۆبونەوەی یەکەم دەژمێردرێن.

لە ماوەی نێوان ئەم کۆبونەوەیە و کۆبونەوەی پاشتردا، جموجوڵێکی چڕ بۆ نزیککردنەوەی بۆچونە جیاوازەکان سەبارەت بە شێوەی هەڵبژاردنی کارگێڕەکانی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوانی مەکتەبەکان، بە رەچاوکردنی شارەزایی و بەرکەوتەی جوگرافی، هاتە ئاراوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا، درێژە بە کۆنتاکت لەگەڵ گروپە

ناڕازییەکان درا بۆ ڕاکێشانیان بۆ ناو بازنەی سازان و وەرگرتنی لێپرسراوەتی. ئەو هەوڵ و کۆششانە کە سەرۆکایەتیی حزب ڕۆڵی سەرەکیی تێدا گێڕا، ئەنجامی ئومێدبەخشیان لێ کەوتەوە. ڕێککەوتن لەسەر میکانیزمەکانی بەرکەوتەی جوگرافی بەپێی خاڵ، دەرگای چارەسەری کردەوە. بەم پێیە، وا دانرا کە لە پێنج کارگێڕەکە، ٢ بۆ هەولێر بێ، ٢ بۆ سلێمانی و ١ بۆ کەرکوك. لە نۆ مەکتەبەکەش، وا دانرا کە ٥ مەکتەب بۆ سلێمانی بێ، ٢ بۆ هەولێر، ٢ بۆ کەرکوك. هەروەها بڕیار درا لێپرسراوەتیی وتەبێژی حزب کە لە هەمان کاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەبێ، بۆ بادینان بێ.

لە کۆبونەوەی ١٠ی ئازاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە بە ئامادەبونی ١٠٩ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەسترا، دوو پرۆسەی هەڵبژاردن بە هاوتەریبی بەڕێوە چوون، یەکێك بۆ هەڵبژاردنی پێنج کارگێڕ و ئەوی تر بۆ هەڵبژاردنی لێپرسراوانی مەکتەبەکان و وتەبێژی فەرمیی حزب. هەڵبژاردنی کارگێڕەکان بە یەك پاکێج بەڕێوە چوو و تێیدا هەر یەك لە قادر عەزیز، ڕزگار عەلی حەمە جان، شاناز برایم ئەحمەد، ڕەفعەت عەبدوڵڵا حەمە ڕەش و دەرباز کۆسرەت ڕەسول بە کارگێڕانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران. پاکێجەکە لە سەرجەمی ١٠٩ دەنگ، زۆرینەی ٧٤ دەنگی بەدەستهێنا، لە بەرامبەردا ١٩ دەنگدەر دژی پاکێجەکە دەنگیان دا و ١٤ دەنگدەریش فۆرمی دەنگدانیان بە سپێتی خستە ناو سندوقەوە، هەروەها دوو فۆرمی سوتاویش هەبوو. لە پرۆسەکەی تردا ٩ لێپرسراو بۆ ٩ مەکتەب هەڵبژێردران کە ئەمانەن: شالاو عەلی عەسکەری بۆ مەکتەبی ڕێکخستن، ڕزگار حاجی حەمە بۆ مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری، حامد حاجی غالی بۆ مەکتەبی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکان، میران محەمەد عەباس بۆ مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، سەعدی ئەحمەد پیرە بۆ مەکتەبی ناوەندەکانی دەرەوە، لەتیف عومەر مستەفا بۆ مەکتەبی ڕاگەیاندن، ئاسۆ مامەند بۆ مەکتەبی هەڵبژاردن، بورهان سەعید سۆفی بۆ مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران و سۆران جەمال تاهیر بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکان. هەروەها ئەمین بابە شێخ بە وتەبێژی فەرمیی حزب هەڵبژێردرا.

بە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی مەکتەبەکان، تەنها هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردی مەکتەبەکان و کۆمیسیۆنەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی مایەوە. لەم سەروبەندەدا یانزە ئەندامی سەرکردایەتی، هەر یەك لە هیوا عەبدوڵڵا ئەحمەد، سیروان کوێخا نەجم، ئاڤێستا محەمەد عیززەددین، ئالا تاڵەبانی، نەسروڵڵا سورچی، ڕێبوار ئیسماعیل، بورهان سەعید سۆفی، ڕەسول عومەر لەتیف، ڕێبوار جاف، سالار عومەر نوری و ئیکرام عەلی ئەمین لە نوسراوێکدا کە ئاراستەی سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتییان کرد بوو، پێشنیاریان کرد ئەرکی هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆرد و کۆمیسیۆنەکان بە سەرۆکایەتیی حزب و دەستەی کارگێڕ و سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بسپێردرێ بۆ ئەوەی کەسەکان بەپێی شارەزایی بۆ بۆرد و کۆمیسیۆنەکان دیاری بکەن. بەڵام ئەم پێشیارە لە بەرچاو نەگیرا. بەکردەوە، هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆرد و کۆمیسیۆنەکان بۆ کاتێکی تر دوا خرا. لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەبەر بڵاوبونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، بڕیاری دا کۆبونەوەکانی تا دوای نەورۆز هەڵپەسێرێ، بەتایبەتی کە حکومەت خۆیشی دەوامی فەرمانگە حکومی و خوێندنگە و زانکۆکانی تا دوای نەورۆز ڕاگرتبوو.

نەبونی ژن لە لێپرسراوەتیی مەکتەبەکان مایەی نیگەرانیی ژنانی سەرکردایەتی بوو. لەم سۆنگەیەوە

نوسراوێك بە واژۆی ١٣ ژنی سەركردایەتی ئاراستەی سكرتاریەتی ئەنجومەنی سەركردایەتی كرا، تێیدا داوای جێبەجێكردنی ماددەی ٦١ی پەیڕەوی ناوخۆ كرا كە ڕێژەی بۆ ژنان لە ئۆرگانەكان دیاری كردوە. هاوسەرۆكی حزب لاهور شێخ جەنگی وەڵامی داواكەی بەم جۆرە دایەوە كە لە ئەنجومەنی سەركردایەتیدا ئەم ڕێژەیە وەك یەك گشت مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ و ئەگەر لە سێكتەرێكدا ڕێژەی ژنان كەم بێ، دەكرێ لە سێكتەرێكی تردا زیاد بكرێ.

لە كۆبونەوەكەدا سكرتێری ئەنجومەنی سەركردایەتی ئەو تێبینییەی دەربڕی كە لە سەرجەمی ١٧ لێپرساو كە بۆ مەڵبەندەكانی ڕێكخستن هەڵبژێردراون، پانزەیان یەكەم جارە لێپرساوەتیی مەڵبەندی ڕێكخستن وەردەگرن و پێشنیاری كرد سەرۆكایەتیی حزب، پێش دەستبەركاربونی لێپرساوە تازەكان، كۆبونەوەیان پێ بكا و پێكەوە پلان بۆ كاروباری مەڵبەندەكان دابنێن.

لە ١١ی ئازاردا یەكەم كۆبونەوە لە نێوان سەرۆكایەتی و بەرپرسی مەڵبەندەكانی ڕێكخستن بە سەرپەرشتیی هاوسەرۆكی حزب لاهور شێخ جەنگی و ئامادەبونی شاڵاو عەلی عەسكەری لێپرساوی مەكتەبی ڕێكخستن لە بارەگای دەباشان بەڕێوە چوو و تێیدا هاوسەرۆك جەختی كردە سەر گرنگیی مەڵبەندەكانی ڕێكخستن و پێویستیی «نەبونی هیچ بەربەستێك لە نێوان جەماوەر و بەرپرسان». كۆبونەوەكە لەسەر ئەوە گیرسایەوە كە دەبێ لە دوای كۆنگرە، بە شێوەیەكی بەرچاو، هەست بە گۆڕانكاری و نوێبونەوە بكرێ.

هەروەها لە ١٢ی ئازاردا یەكەم كۆبونەوەی مەكتەبی سیاسی بە سەرپەرشتیی هاوسەرۆكی حزب لاهور شێخ جەنگی و ئامادەبونی كارگێڕەكان و لێپرسراوانی مەكتەبەكان، لە بارەگای دەباشان بەسترا و تێیدا كاروباری پاش كۆنگرەی چوارەم و پلانەكانی كاری ئاینده تاوتوێ كران.

لە ١٤ی ئازاردا بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا، قەدەغەی هاتوچۆ لە نێوان پارێزگاكان جێبەجێ كرا و پاشان قەدەغەی هاتوچۆ هەموو شارەكانی گرتەوە. ئەم دۆخە بۆ ماوەیەك كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی ڕاگرت. بەڵام كۆبونەوەكانی مەكتەبی سیاسی بە پچڕپچڕی هەر بەردەوام بون.

لە ١٢ی نیساندا هەندێ كۆت و بەندی سەر قەدەغەی هاتوچۆ كەم كرانەوە و دەرفەتێكی باشتر بۆ دەستكردنەوە بە كاركردن، بەڵام لەسەر ئاستێكی تەنگەبەر، هاتە ئاراوە.

لە ١٥ی نیساندا لە كۆبۆنەوەیەكدا لە بارەگای مەكتەبی سیاسی بە ئامادەبونی رزگار عەلی حەمە جان، فەرید ئەسەسەرد، مستەفا چاڵاوی، تابان عەبدوڵڵا گەرمیانی و شاناز برایم ئەحمەد، دانانی میكانیزمێك بۆ هەڵبژاردنی لێپرساوانی بۆردی مەكتەبەكان و كۆمیسیۆن و ئۆرگانەكان تاوتوێ كرا. لەم ڕووەوە دوو كێشە هەبوو. یەكەم، ئەستەم بوو لەبەر بڵاوبونەوەی پەتای ڤایرۆسی كۆرۆنا و قەدەغەی هاتوچۆی نێوان پارێزگاكان، ئەنجومەنی سەركردایەتی كۆ ببێتەوە و لێپرسراوانی بۆرد و كۆمیسیۆن و ئۆرگانەكان هەڵبژێرێ. دووەم، تا ئەو كاتە لە ٢٢ بۆرد، تەنها ٧ بۆرد كاندیدیان هەبوو، لە كاتێكدا كە بۆ ئۆرگان و كۆمیسیۆنەكان هێشتا كەس خۆی كاندید نەكردبوو. كۆبونەوەكە جەختی كردە سەر گرنگیی هەڵبژاردنی لێپرساوانی بۆرد و ئۆرگانەكان بۆ ئەوەی مەكتەب و ئۆرگانەكان بتوانن، بەو جۆرەی كە پەیڕەوی ناوخۆ دیاریی كردووە، دەست بە كارەكانی خۆیان بكەن. لە لایەكی ترەوە هەڵبژاردنی لێپرساوانی كۆمیسیۆنەكان ، بۆ ئەنجومەنی سەركردایەتیش بایەخێكی زۆری هەبوو، چونكە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەبێ کۆمیسیۆنەکان ناتوانێ ڕۆڵی چاودێر بگێڕێ.

پلانێك بۆ هەڵبژاردن دانرا و پێشنیار کرا پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەی ئەلیکترۆنی ئەنجام بدرێ، هەروەك بڕیار درا کۆبونەوەیەك لەگەڵ ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ساز بکرێ کە لێپرسراوەتییان وەرنەگرتووە.

لە ١٦ی نیساندا لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی لە دەباشان، بابەتی هەڵبژاردنی بۆرد و ئۆرگانەکان هاتە ئاراوە و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە نابێ هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی بەبێ لێپرسراوەتی و کار بمێنێتەوە. هەر لەو کۆبونەوەیە بڕیار درا پەیڕەوێکی کار بۆ ڕێکخستنی میکانیزمەکانی کاری مەکتەبی سیاسی ئامادە بکرێ و لەم سەروبەندەدا لیژنەیەك لە هەر یەك لە شاڵاو عەلی عەسکەری، شاناز برایم ئەحمەد، رزگار عەلی حەمە جان، میران محەمەد عەباس، سۆران جەمال تاهیر و رزگار حاجی حەمە بۆ ئامادەکردنی پەیڕەوی کار پێك هێنرا.

لە ١٨ی نیساندا سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەگەڵ ٤٧ ئەندامی سەرکردایەتی، لەوانەی کە هیچ لێپرسراوەتییەکیان وەرنەگرتبوو، کۆبۆوە. لەو کۆبونەوەیە مەسەلەکانی خۆ کاندیدیکردن بۆ ٢٢ بۆرد و ٦ کۆمیسیۆن و ٥ ئۆرگانی تر و میکانیزمی هەڵبژاردن تاوتوێ کران. لە کۆبونەوەکەدا ٣٠ ئەندامی سەرکردایەتی خۆیان بۆ بۆردەکان کاندید کرد. کاندیدەکان بەسەر دوو ستوندا دابەش بوون. ستونی یەکەم لە ١٦ بۆرد پێکهاتبوو، کە هەر یەکێکیان یەك کاندیدی هەبوو و ستونی دووەم لە ٦ بۆرد پێکهاتبوو کە هەر یەکێکیان دوو تا سێ کاندیدی هەبوو. کۆبونەوەکە بەرچاوڕونییەکی سەبارەت بە خۆکاندیدکردن بۆ بۆردەکان دایە سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. هەر لەو کۆبونەوەیە پێشنیاری هانا بردن بۆ هەڵبژاردن بە شێوەی ئەلیکترۆنی، وەك میکانیزمێکی گونجاو بۆ خۆلادان لە دروستکردنی قەرەباڵغی، تاوتوێ کرا. هەرچەند بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەم بارەیەوە نەدرا، بەڵام لەبەر ڕانەهاتن لەسەر ئەم جۆرە میکانیزمە، دودڵی لە بەکارهێنانی هەبوو. لە ٢٠ی نیساندا سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆتایی بە مشتومڕی هەڵبژاردنی ئەلیکترۆنی هێنا و بڕیاری بەستنی کۆبونەوەیەکی بەپەلەی بۆ هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بورد و ئۆرگانەکان دا.

لە ٢٥ی نیساندا، لە دووەم ڕۆژی ڕەمەزاندا و لە سایەی کەمکردنەوەی کۆت و بەندەکانی قەدەغەی هاتوچۆدا، کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە ئامادەبونی ١١٠ ئەندام بۆ هەڵبژاردنی ٢٧ لێپرسراو بۆ ئۆرگانەکان بەسترا.

ژمارەی کاندیدەکان گەیشتە ٣٢ کاندید. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەم جۆرە بوو: لە سێ بۆردەکەی مەکتەبی ڕێکخستن، لێپرسراوەتیی بۆردی ڕێکخستن بۆ ئاسۆس عەلی یەکلا بۆوە، بۆردی ئامار بۆ شیرین شێخ حسێن و بۆردی هەڵسەنگاندن و بەدواداچون بۆ ئەحمەد زرار. لە دوو بۆردەکەی دەزگای هەڵبژاردن، لێپرسراوەتیی بۆردی هەماهەنگی و بەدواداچون بۆ سەرکەوت زەکی یەکلا بۆوە و بۆردی ئامار و ڕاپرسی بۆ فێنك ئەحمەد. لە چوار بۆردەکەی مەکتەبی پەیوەندییەکان، لێپرسراوەتیی بۆردی پەیوەندییە کوردستانییەکان بۆ سالار سەرحەد خەلیفە یەکلا بۆوە، بۆردی پەیوەندییە عیراقییەکان بۆ دکتۆر مەجید ئەمین، بۆردی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ سەرکەوت محەمەد غەفور و بۆردی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان بۆ فریال عەبدوڵڵا قادر. لە سێ بۆردەکەی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری، لێپرسراوەتیی بۆردی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران بۆ بێستون

سابوراوایی یەکلا بۆوە، بۆردی ئەرشیف و مێژوو بۆ خەمینە ساڵح و بۆردی توێژینەوە و روناکبیری بۆ فەهیمە سابیر، لە دوو بۆردەکەی مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران، لێپرساوەتیی بۆردی شەهیدان و کاروباری جینۆساید بۆ چرا عومەر سابیر یەکلا بۆوە و بۆردی تێکۆشەران بۆ ئیکرام عەلی ئەمین. لە دوو بۆردەکەی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان، لێپرساوەتیی بۆردی رێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ ژینۆ محەمەد ئیسماعیل یەکلا بۆوە و بۆردی رێکخراوە پیشەییەکان بۆ فەهمی بورهان. لە دوو بۆردەکەی مەکتەبی کۆمەڵایەتی، لێپرساوەتیی بۆردی کۆمەڵایەتی بۆ محەمەد ئەمین شێروانی یەکلا بۆوە و بۆردی پێکهاتەکان بۆ حەسیبە عەبدوڵڵا خورشید. لە سێ بۆردەکەی مەکتەبی ئیدارە و دارایی گشتی، لێپرساوەتیی بۆردی خەرجییە گشتییەکان بۆ سالار عومەر نوری یەکلا بۆوە، بۆردی داهاتی گشتی بۆ شوان قادر مەعروف و بۆردی پڕۆژە ئابورییەکان بۆ ئەحمەد حەمە کەریم شێخ ئەحمەد. لەم سەروبەندەشدا بۆردی وەرزشی کە سەر بە هیچ مەکتەبێك نیە و بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە لایەن دەستەی کارگێڕەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بۆ ئارام قادر خەبات یەکلا بۆوە. لە ئۆرگانەکاندا، ناوەندی کاروباری یاسایی بۆ تەلار لەتیف یەکلا بۆوە، بانکی زانیاری بۆ پەروین کاکە حەمە، دەزگای دەستپاکی و چاودێریی دارایی بۆ فەوزیە نەزیف، مەڵبەندی دیراساتی گشتی بۆ کاوە سەلیم و سکرتاریەتی بارەگای مەکتەبی سیاسی بۆ ئەحمەد عەبدوڵڵا عەسکەری.

سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی داوای لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرد دەسەڵاتی کاندیدکردنی لێپرساوانی کۆمیسیۆنەکانی پێ بدا بۆ ئەوەی لە کۆبونەوەی داهاتودا ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەنگیان پێ بدا.

رۆژانی دواتر سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بە راوێژ و هەماهەنگی، لێپرساوانی کۆمیسیۆنەکانی دانا. بەمجۆرە، حاجی مەسیفی بۆ کۆمیسیۆنی رێکخستن دانرا، شلێر غەفور عیززەت بۆ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، دڵپاك تاهیر بۆ کۆمیسیۆنی مەکتەبەکان، شلێر غەفور ژاژڵەیی بۆ کۆمیسیۆنی حکومەت و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، شادمان مەلا حەسەن بۆ کۆمیسیۆنی راگەیاندن و مەحمود قەرەداغی بۆ کۆمیسیۆنی دەستپاکی. لە کۆبونەوەی ١٩ی تەموزی ٢٠٢٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا متمانە بە هەر شەشیان درا.

## پاشکۆی ژمارە ١

## بانگەوازی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی چوارەم بۆ کادیرەکان (٢٠١٣)

کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، سەرجەم هەڤاڵان و دۆستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە کە بۆ سەرخستنی کاری لیژنە تایبەتمەندەکان و بۆ ئامادەکردنی باشترین و گونجاوترین پڕۆژە و بەرنامە بۆ کۆنگرەی چوارەم، سەردانی لیژنەکان بکەن و راسپاردە و رەخنە و بۆچونی خۆیان (بە زارەکی یان بە نوسراو) بۆ یەکێتی و ئایندەی یەکێتییەکەیان پێشکەش بە لیژنەکان بکەن، یەکێتییانە و هەڤاڵانە سەرنج و پێشنیازیان بگەیەننە لیژنەکان و ببنە بەشێك لەو چاکسازییە پێویست و گرنگەی کە دەمانەوێ بۆ قۆناغی داهاتوی یەکێتییەکەمان بەجێی بگەیەنن. بە ئومێدی سەرخستنی کۆنگرەکەمان.

ئەمەی لای خوارەوە ناوی لیژنەکان و شوێنی کۆبونەوەکانیانە:

١-لیژنەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ لە مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی.

٢-لیژنەی بەدواداچون لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی.

٣-لیژنەی حکومەت و پەرلەمان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر.

٤-لیژنەی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان لە بارەگای مەکتەبی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان لە سلێمانی.

٥-لیژنەی ڕاگەیاندن لە بارەگای مەکتەبی ڕاگەیاندن لە سلێمانی.

٦-لیژنەی پەیوەندییەکان لە بارەگای مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان لە سلێمانی.

٧-لیژنەی ڕێکخراوەکان لە بارەگای ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە سلێمانی.

٨-لیژنەی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران لە بارەگای ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران لە سلێمانی.

٩-لیژنەی ناوچە دابڕێندراوەکان لە بارەگای مەڵبەندی ڕێکخستنی ٣ی کەرکوك.

١٠-لیژنەی دارایی گشتی لە بارەگای مەکتەبی دارایی لە سلێمانی.

١١-لیژنەی هەڵبژاردن لە بارەگای دەزگای هەڵبژاردن لە سلێمانی.

١٢-لیژنەی چاودێری و سکاڵا لە بارەگای مەکتەبی چاودێری و بەدواداچون لە سلێمانی.

١٣-لیژنەی شەهید و ئەنفالکراوان لە بارەگای مەکتەبی شەهیدان و ئەنفالکراوان لە سلێمانی.

١٤-لیژنەی کۆمەڵایەتی لە بارەگای مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی لە سلێمانی.

لەگەڵ ڕێزدا و بە هیوای سەرکەوتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆنگرەکەمان.

کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە
٢٠١٣/١٢/١٩

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٣/١٢/٢٠).

## پاشکۆی ژمارە ٢

## ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆبونەوەی ئەنجومەنی ناوەند
## (٢٠١٤)

ئەمڕۆ کە بڕیار بوو کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ببەسترێت، کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی بەڕێوە چوو. دواتر، لە کۆبونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی ناوەندا، دوای تاوتوێ کردنی ئەگەرەکانی بەستن یان دواخستنی کۆنگرەی چوارەم، بە کۆی دەنگ بڕیار درا:

١-کۆنگرەی چوارەم دوا بخرێت بۆ کاتێك کە تێیدا بارودۆخی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبار بێت، کە هەموو بەرپرس و کادیر و ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هیواین بەڕێز مام جەلال کە ئێستا باری تەندروستیی پێشچوونی باشی بە خۆوە بینیوە، لە کۆنگرە ئامادە بێت کە ئەمەش لە هەمان کاتدا داواکاریی زۆرینەی ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

٢-ئەنجومەنی ناوەند پشتیوانی لە هەر سێ هەڤاڵان خاتوو هێرۆ برایم ئەحمەد، کاك کۆسرەت ڕەسول عەلی و کاك دکتۆر بەرهەم ساڵح دەکات، بۆ ئەوەی وەك لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاری لەسەر دراوە، دەسەڵاتەکانی بەڕێز سکرتێری گشتی بۆ پاراستنی یەکێتی و یەکڕیزیی یەکێتی بەکار بهێنن.

٣-ئەنجومەنی ناوەند بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی وەك یەك تیم كار بكەن بۆ سەرخستنی یەكێتی لە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاكانی كوردستان كە بڕیارە رۆژی ٣٠ی نیسان بەڕێوە بچن.

٤-لەمڕۆوە تا بەستنی كۆنگرەی چوارەم، دەبێت كاری جیددی بۆ چارەسەركردنی كەموكورتییەكان و ئەنجامدانی گۆڕانكاریی پێویست و دانانی بەرنامە و نەخشە ڕێگای تازە و بوار نەدان بە كەمتەرخەمی و سستی و گەندەڵی لە ناو ئۆرگانەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بكرێت.

٥-لەمەودوا كاروبارەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بە هاوبەشی و هەماهەنگی دەبن و ڕێگا نادرێت هیچ كەسێك بە ئارەزوی خۆی كار بكات، ئەمەش لەپێناوی سەركەوتنی بەرنامەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و ئاراستەكردنی هەموو ئۆرگانەكان لەسەر نەهج و ڕێبازی بەڕێز هەڤاڵ مام جەلال كە لە ساڵی ١٩٧٥ وە تاكو ئێستا بەردەوامیی هەیە.

٦-ئێمە وەكو ئەنجومەنی ناوەند، جارێكی تر دوپاتی دەكەینەوە كە چاودێرێكی بەهێز دەبین و تەواوی دەسەڵاتەكانمان بۆ بەجێهێنانی ئەرك و ئامانجەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بەكار دەهێنین و دەبێت لەمەودوا ڕەچاوی كاری چاودێریكردنی ئەنجومەنی ناوەند بكرێت، پاڵپشت بە پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان.

ئەنجومەنی ناوەندی
یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان
٢٠١٤/١/٣١

## پاشكۆی ژمارە ٣

## ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی ناوەند دەربارەی بەستنی كۆنگرەی چوارەم

بە مەبەستی تاوتوێ كردنی دۆخی یەكێتی و خۆ ئامادەكردن بۆ ئەنجامدانی كۆنگرەی چوارەم و چۆنێتیی زەمینەسازی و هەنگاونان بەرەو ئەنجامدانی كۆنگرە، لە كۆبونەوەی سكرتاریەت و لێپرسراوانی كۆمیسیۆنەكانی ئەنجومەنی ناوەند، دوای گفتوگۆیەكی هەڤاڵانە، بە كۆی دەنگ بڕیار لەسەر ئەم خاڵانە درا:

یەكەم: ئەنجومەنی ناوەند داوا لە ئەنجومەنی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دەكات بە زوترین كات كۆبونەوەی خۆی ئەنجام بدات و تێیدا بڕیار لەسەر دیاریكردنی رۆژی بەستنی كۆنگرە و ڕێوشوێنەكانی بدات، ئەگەر نا ئەنجومەنی ناوەند لە كۆبونەوەی فراوانی خۆیدا ئەو ئەركە لە ئەستۆ دەگرێت و بڕیار لە رۆژی بەستنی كۆنگرە دەدات.

دووەم: ئەنجومەنی ناوەند بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كە هەیەتی، دەست دەكات بە هەمواركردنی ڕەشنوسی پەسندكراوی پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان وەك ئامادەكارییەك بۆ كۆنگرە بە شێوەیەك كە لەگەڵ دۆخی ئێستای یەكێتی و ئەو قۆناغەی خەباتدا بگونجێت.

سێیەم: ئەنجومەنی ناوەند دەستخۆشی لە سەرجەم ئۆرگان و هەڤاڵان و میدیای یەكێتی دەكات كە پشتگیریی ڕاگەیەندراوی هەوڵە بەردەوامەكانی ئەنجومەنی ناوەند دەكەن بۆ ئەنجامدانی كۆنگرە، هیواداریین بەردەوام بن لەسەر ئەم پشتگیرییە بۆ ئەوەی هەمومان بتوانین پێكەوە لە ڕێی كۆنگرەیەكی سەركەوتووەوە ڕۆحیانەتی مامی مەزنمان و سەرجەم

شەهیدان شاد بکەین و کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی چارەسەر بکەین.

هەروەها کۆبونەوەکە هیوای تەندروست باشیی بۆ هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی، دەخوازێت و تەمەنا دەکات بە تەندروستییەکی باشەوە بگەڕێتەوە ناومان.

نەمری بۆ شەهیدان.

سڵاو لە هەڤاڵانی یەکێتی.

ئەنجومەنی ناوەندی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٢٠١٧/١١/٢٠

## پاشکۆی ژمارە ٤

### ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی ناوەند دەربارەی بەستنی کۆبونەوەی هاوبەش (٢٠١٨)

لە سەرەتادا ئەنجومەنی ناوەند نیگەرانیی خۆی بۆ هێرشە زەمینی و ئاسمانییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین و هەوڵدان بۆ داگیرکردنی دێهاتەکانی ئەو دەڤەرە دەربڕی و بە توندی شەهیدکردنی هاووڵاتییانی شەرمەزار کرد کە دور لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و بەها مرۆڤایەتییەکان بە پێشکەوتوترین چەکی هەمەجۆر بۆردومانی هاووڵاتییانی بێتاوان لە ئارامترین ناوچەی سوریا دەکرێت.

سەبارەت بە دۆخی ناوخۆی یەکێتی و بەستنی کۆنگرە، هەڤاڵانی ئەنجومەن دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕی هەڤاڵانە و بەرپرسیارانە و مێژووییانە، بە کۆی دەنگی هەڤاڵانی ئامادەبوو، بڕیاریان دا کۆبونەوەیەکی هاوبەشی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند لە رۆژی ١٥ی شوباتی ٢٠١٨ ئەنجام بدرێت و لەو کۆبونەوە هاوبەشەدا پێکەوە بڕیار لەسەر رۆژی بەستنی کۆنگرە بدەن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی ناوەند نوسراوی فەرمی ئاراستەی سەرجەم هەڤاڵانی سەرکردایەتی دەکات و پرسی کۆنگرە یەکلایی دەکاتەوە.

سەبارەت بە رەشنوسی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش کە لە لایەن ئەنجومەنی ناوەندەوە ئامادە کراوە و پاشان هەموار کراوەتەوە و لە لایەن لیژنەی باڵای کۆنگرەوە پەسند کراوە، ئەو رەشنوسە دەبێتە بناغەو پڕۆژەی فەرمیی یەکێتی بۆ کۆنگرەی چوارەم. لە کۆبونەوەکەدا بڕیار درا بە مەبەستی وەرگرتنی را و سەرنجی ئۆرگان و کادیران و ئەندامانی یەکێتی و بۆ ئەوەی ببێتە پڕۆژەی هەموو هەڤاڵانی یەکێتی، دەقی رەشنوسی پەیڕەوی ناوخۆ لە ڕێی میدیای فەرمیی یەکێتییەوە بڵاو بکرێتەوە. پاشان لە کۆبونەوەی فراوانی ئەنجومەنی ناوەند پەسند بکرێت، داواش لە میدیای یەکێتی بکرێ گرنگی بە بڕگە و ماددەکانی رەشنوسەکە بدەن.

تەوەرێکی تری کۆبونەوە، بۆ دۆخی کەرکوک، دوزخورماتوو، خانەقین، شنگال، مەخمور و دەشتی نەینەوا تەرخان کرا. هەڤاڵانی ئەنجومەن داوا دەکەن سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دور لە بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، بە بەرنامەیەکی هاوبەشەوە، هەوڵی ئاسایی کردنەوەی رەوشی ئەو ناوچانە و جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عیراق بدەن. هەروەها ئەنجومەنی ناوەند نیگەرانیی خۆی لەوە دەربڕی کە لایەنێکی سیاسیی کوردستان لەپێناوی بەرژەوەندیی تەسکی حزبەکەی، شان بە شانی بەشێك لە پێکهاتەکانی تورکمان و عەرەبی کەرکوک، ڕێگری لە دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ شارەکە دەکات چونکە دەستبەکاربونی پارێزگارێکی

کورد لە کەرکوك دەبێتە مایەی ئاسایی کردنەوەی دۆخی شارەکە و دروستبونی متمانە لە لای هاوولاتییان و ڕێگری کردن لەو پێشێلکارییانەی لە کەرکوك دەکرێن.

هەر لە کۆبونەوەکەدا تیشك خرایە سەر چۆنێتیی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ بەغدا و هێز و لایەنە سیاسییەکانی عیراق لەسەر ئەو بناغەیەی کە کاتی خۆی لە لایەن سەرۆك مام جەلالەوە داڕێژراوە و خزمەتی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەکات.

لە کۆتاییدا هەڤاڵانی ئەنجومەن سوپاسی پشوو درێژیی ئۆرگان و جەماوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان کرد و سڵاوی تایبەتیان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کەسوکاری شەهیدان و سەرجەم هەڤاڵانی یەکێتی نارد.

ئەنجومەنی ناوەندی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٨/٢/١٢

## پاشکۆی ژمارە ٥

### ڕاگەیەندراوێك دەربارەی کۆبونەوەی هاوبەشی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند

ڕۆژی ١٥ی شوباتی ٢٠١٨ بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبونەوەی هاوبەشی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.

لە کۆبونەوەکەدا پرسی بەستنی کۆنگرە یەکلا کرایەوە و بڕیار درا لە ڕۆژی ٥ی ئازاردا کۆنگرەی چوارەم ببەسترێ. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بڕیارە وەك پێشنیار ئاراستەی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەکردایەتی دەکرێت کە بڕیارە لە ماوەی پێنج ڕۆژی داهاتودا بکرێ و لەو کۆبونەوەیە بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرێت.

کۆبونەوەکە لە لایەن هەڤاڵ عادل موراد سکرتێری ئەنجومەنی ناوەند بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕۆحی پاکی سەرۆك مام جەلال و سەرجەم شەهیدان دەستی پێ کرد. هەڤاڵ عادل موراد بەخێرهاتنی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی و هەڤاڵ هێرۆ براییم ئەحمەد و سەرجەم هەڤاڵانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندی کرد. وتیشی «ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوییە بۆ یەکێتی و دەبێ بڕیارێکی گرنگ و دروست بۆ یەکێتی بدەین کە یەکلاییکردنەوەی پرسی کۆنگرە و دیاری کردنی ڕۆژی کۆنگرەیە. ئێمە وەك ئەنجومەنی ناوەند پێشنیار بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەکەین و ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیار دەدات».

ڕونیشی کردەوە «یەکێتی لە قۆناغێکی گرنگ و چارەنوسساز دایە و هەڵبژاردنمان لە پێشە و پێویستە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. سەرکەوتنی یەکێتی لەم قۆناغەدا ڕۆحی مام جەلال و شەهیدەکانمان شاد دەکات».

هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی ڕایگەیاند کە «ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوییە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان». لە بارەی کۆنگرەشەوە پشتیوانیی خۆی بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی دوپات کردەوە.

لای خۆشیەوە هەڤاڵ هێرۆ براییم ئەحمەد وتی «من لەگەڵ بەستنی کۆنگرە دام».

دواتر لە کەشێکی ئارام و هەڤاڵانەدا گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر کۆنگرە و دەستنیشان کردنی ڕۆژی

بەستنی کۆنگرە یان ئەنجامدانی پلینۆم پێش هەڵبژاردنەکانی عیراق کرا.

دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ و هەڤاڵانە و تاوتوێ کردنی چەند پێشنیارێك کە لە کۆبونەوەکە خرانە روو، بە کۆی دەنگ بڕیار درا رۆژی ٥ی ئازاری ٢٠١٨ کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ببەسترێ.

بۆ ئەم مەبەستەش، ئەم بڕیارە وەك پێشنیار ئاراستەی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەکرێت کە بڕیارە لە ماوەی پێنج رۆژی داهاتوودا ئەنجام بدرێ و لەو کۆبونەوەیە بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرێت.

راگەیاندنی ئەنجومەنی ناوەند
٢٠١٨/٢/١٥

### پاشکۆی ژمارەی ٦

### نامەی ئەنجومەنی ناوەند بۆ جێگری سکرتێری گشتی

بۆ بەڕێز هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بابەت: بڕیاری کۆبونەوە
سڵاوێکی گەرم

دوا بەدوای کۆبونەوەی سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەند و لێپرسراوانی کۆمیسیۆنەکان لە رۆژی ٢٥ی شوباتی ٢٠١٨ و دوای تاوتوێ کردنی دۆخی ئێستای یەکێتی و هەڵسەنگاندنی قۆناغی هەستیاری کۆبونەوەی هاوبەشی هەردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند لە ١٥ی شوباتی ٢٠١٨و بەستنی کۆنگرە و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، کۆبونەوەمان بڕیاریدا پاڵپشت بە کۆبونەوەی هاوبەشی هەردوو ئەنجومەن بە سەرپەرشتیی بەڕێزتان کە تێیدا بە کۆی دەنگ بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرە درا لە ٥ی ئازاری ٢٠١٨ و هەر لە هەمان کۆبونەوە بڕیار درا لە ماوەی ٥ تا ١٠ رۆژ ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆ ببێتەوە و ئیقراری ئەم بڕیارە بکات کە کرایە پێشنیار بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بۆیە جارێکی تر داواتان لێ دەکەین، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە هەتانە، تا ١ی ئازاری ٢٠١٨ سەرکردایەتی کۆ ببێتەوە و بڕیار لە بەستنی کۆنگرە بدات لە مانگی ئازاری ٢٠١٨ و پێش هەڵبژاردن. بە پێچەوانەوە، ئەگەر کۆبونەوەی سەرکردایەتی تا ١ی ئازار ئەنجام نەدرا، ئەنجومەنی ناوەند لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو کۆ دەبێتەوە و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیارەکە ساغ دەکاتەوە.

لەگەڵ رێزدا
ئەنجومەنی ناوەندی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٨/٢/٢٥

### پاشکۆی ژمارە ٧

### یاداشتی ئەنجومەنی ناوەند دەربارەی ئەنجامی راپرسی سەبارەت بە بەستنی کۆنگرە

بەڕێزان جێگرانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
بەڕێزان ئەندامانی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی

سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

بابەت: ئەنجامی راپرسی سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەی چوارەم

پاڵپشت بە برگەی یەکەمی ماددەی ٣٩ی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە چوارچێوەی ئەرکی چاودێری کردن و بەدواداچونی کۆمیسیۆنی چاودێریی کاروباری رێکخستن بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنەکانی تری ئەنجومەنی ناوەند، لە ماوەی نێوان ٢٩ی کانونی یەکەمی ٢٠١٨و ١٨ی نیسانی ٢٠١٩ دا سەردانی مەڵبەندەکانی رێکخستنی سلێمانی، گەرمیان، شارەزور، چەمچەماڵ و خانەقینمان کرد و لە پاڵ ئەمەدا سەردانی هەر ٧١ کۆمیتەی هەر پێنج مەڵبەندمان کرد. دوای ئەنجامدانی کۆبونەوە و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەنجومەنی ناوەند، سێ فۆرمی راپرسیمان بەسەر ئامادەبووەکاندا دابەش کرد کە بریتی بون لە فۆرمی بەگەرخستنەوەی هەڤاڵانی دابراو لە کاری رێکخستن و دروستکردنەوەی پەیوەندیی ئۆرگانی، فۆرمی تایبەتی ئەنجومەنی ناوەند سەبارەت بە کاروباری رێکخستن و فۆرمی وەرگرتنی رای هەڤاڵانی رێکخستن لەسەر ١٣ خاڵ کە بابەتی جۆراوجۆریان لە خۆ گرتووە، لەوانە خاڵێکیان تایبەت بوو بە بەستنی کۆنگرەی چوارەم. بەشداربووانی راپرسییەکە پلەکانیان لە ئەندامی کۆمیتەوە تا لێپرسراوی مەڵبەندەکان بوو.

ئەنجامی راپرسی سەبارەت بە خاڵی تایبەت بە کۆنگرە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم: فۆرمەکان بەسەر ١١١٣ هەڤاڵی بەرپرسی رێکخستندا دابەش کران.

دووەم: ٩٢٨ هەڤاڵ بە بەڵێ خاڵی بەستنی کۆنگرەیان پرکردۆتەوە کە رێژەیان دەکاتە ٨٣٪.

سێیەم: ١٨٥ هەڤاڵ بە نەخێر خاڵی بەستنی کۆنگرەیان پرکردۆتەوە کە رێژەیان دەکاتە ١٧٪.

تێبینی:

١-ئەو پێنج مەڵبەندە وەك نمونە وەرگیراون، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا باوەری تەواومان هەیە کە ٩٠٪ ی کادیر و ئۆرگانەکان و ئەندامان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و کەمئەندامانی سەنگەر و رێکخستنە دێرینەکان و زیندانییانی سیاسی و جەماوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ بەستنی کۆنگرە دان.

٢-پاش راپرسییەکە داواکاریی تازەی هەندێ لە ئۆرگان و کادیرەکان و جەماوەری یەکێتیمان بەدەست گەیشت کە تێیدا داوای بەستنی کۆنگرە دەکەن، بۆیە داواکارین ئەنجومەنی سەرکردایەتی، پاڵپشت بە پەیرەوی ناوخۆ، لە کۆبونەوەی داهاتوی خۆیدا رۆژی بەستنی کۆنگرە لە ساڵی ٢٠١٩ دیاری بکات.

لەگەڵ رێزدا.

سکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەند

**٢٠١٩/٦/٢٣**

## پاشکۆی ژمارە ٨

### راگەیەندراوی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە تێیدا وادەی بەستنی کۆنگرەی چوارەم دیاری کرا

پاشنیوەرۆی ئەمرۆ، بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی و بە ئامادەبونی دکتۆر بەرهەم ساڵح جێگری دووەمی

سکرتێری گشتی، کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی بەڕێوە چوو.

لە کۆبونەوەکەدا کە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە وردی و هەمەلایەنانە، گفتوگۆی لەسەر بارودۆخی سیاسی و دوا پەرەسەندنە سیاسی و گۆڕانکارییەکانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە کرد.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵسەنگاندنی کرد بۆ قۆناغی دوای ڕێککەوتنی لایەنەکان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکان و کارنامەی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و باشترکردنی گوزەرانی خەڵك و کاراکردنی خزمەتگوزارییەکان و کارکردن لەسەر بنەمای شەراکەتی راستەقینە و هاوبەشی و لامەرکەزیەتی ئیداری بە گرنگ زانرا.

هەروەها یەکڕیزیی گەلی کوردستان و تەبایی و هەماهەنگیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاست پرسە چارەنوسسازەکانی عیراق و ناوچەکە بە پێویستییەکی گرنگی قۆناغەکە و زامنی بەدیهێنانی مافە دەستوری و دیموکراتییەکانی گەلی کوردستان و روبەڕوبونەوەی مەترسییەکان دانا.

لە تەوەرێکی تری کۆبونەوەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، دۆخی کەرکوك و ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان تاوتوێ کرا. جەخت کرایەوە سەر تەواوکردنی هەنگاوەکانی ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە، بەتایبەتی لەو هەلومەرجەدا کە سەرلەنوێ هەوڵی گۆڕینی باری دیموگرافیی کەرکوك و تەواوی ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکانی تر و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و زیادبونی کردەوەی تیرۆریستی لە ئارا دایە کە پێویستە لەسەر ئاست و بوارە جیاجیاکان هەوڵی هاوبەشی کوردستانییانە بخرێتە گەڕ بۆ روبەڕوبونەوە و چارەسەرکردنی ئەو کێشە و مەترسییانە.

لەو روانگەیەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشی کوردستانی بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی کەرکوك، نەینەوا، دیالە و سەلاحەددین، بە هەنگاوێکی ئەرێنی دەزانێ بە ئاراستەی کاری هاوبەش و تەبایی بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە و روبەڕوبونەوەی مەترسییەکان.

بۆ گفتوگۆی بەرپرسیارانەی نیشتمانی بە ئاراستەی یەکخستنی هەڵوێستی نوێنەرانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بانگهێشتی هەموو ئەو لایەنە سیاسییە کوردستانییانە دەکا کە نوێنەریان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەیە بە ئامانجی بەرگری کردن لە مافە دەستوری و دیموکراتییەکانی گەلی کوردستان.

هەڵسەنگاندنی کاروباری ڕێکخراوەیی و حزبی، تەوەرێکی تری کۆبونەوەکە بوو. ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە کۆی دەنگی ئەندامانی، رۆژی ٧ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ ی بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەسەند کرد، هەروەك بە گفتوگۆی هەڤاڵانە و بەرپرسیارانەی ئەندامانی، ڕێوشوێنی پێویستی بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو تاوتوێ کرد، بە جۆرێك کە کۆنگرەی چوارەم ساز و ئامادە بکات بۆ راپەڕاندنی ئەرکە بنچینەییەکانی خەبات و خزمەتکردنی زیاتری گەلی کوردستان و هێنانە

دیی تەواوی ئامانجە بەدینەهاتووەکان کە یەکێتی و گەلەکەمان هەزاران شەهید و قوربانییان لەپێناویدا بەخشیوە.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی سڵاوی ئەمەك و وەفاداری بۆ رۆحی پاکی رابەری مێژوییمان جەنابی مام جەلال و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و کەسوکاری سەربەرزیان دەنێرێ، هەروەها سڵاوی پێزانین بۆ جەماوەری خۆڕاگری یەکێتی و پێشمەرگە قارەمانەکان دەنێرێ.

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٩/٩/٧

## پاشكۆی ژماره ٩

## راگەیەندراوی وتەبێژی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (٢٠١٩)

رۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی و ئامادەبونی دکتۆر بەرهەم ساڵح ئەحمەد کۆبونەوەی ئەنجام دا.

لە کۆبونەوەکەدا پێشهاتە تازەکانی بارودۆخی عیراق بە وردی تاوتوێ کران و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە کورد وەك پێکهاتەیەکی گەورەی ئەم وڵاتە هەمیشە بەشێکە لە چارەسەر و ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان لەو هەلومەرجە هەستیارەدا دەخەینە گەڕ تا لە چوارچێوەی دەستور و بە رێوشوێنی ئاشتییانە لە ژێر رۆشنایی بەرژەوەندیی باڵای وڵاتدا کێشەکان چارەسەر بکرێن.

لە تەوەرێکی تری کۆبونەوەکەدا، دوای گوێگرتن لە راپۆرتی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، بڕیاری پێویست بۆ تەواوکردنی ئامادەکارییەکان درا.

لەتیف عومەر مستەفا
وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## پاشكۆی ژماره ١٠

## یاداشتی کۆمەڵەی رێکخستنە دێرینەکان و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینە دانەبڕاوەکان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی

بۆ بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لەم بارودۆخە هەستیارەدا و لەپێناوی بەرژەوەندیی باڵای یەکێتی و کۆمەڵانی خەڵکدا بە پێویستی دەزانین رای خۆمان لەسەر بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتییەکەمان بخەینە روو بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و پێگەی یەکێتی لە ناوخۆ و دەرەوە. لەبەر ئەوە وەك کۆمەڵە داوا دەکەین کۆنگرە بەر لە هاتنی سەری ساڵی نوێ ببەسترێ و بە هیچ بیانویەك دوا نەخرێ، بەتایبەتی کە سەرجەم ئامادەکارییەکان جێبەجێ کراون. پێشتریش بڕیار درا بوو کۆنگرە لە ٧ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ ببەسترێ و نامانەوێ هیچ نیگەرانی و بێئومێدییەك بۆ سەرجەم ئەندامان و کادیران و جەماوەری یەکێتی دروست ببێت. هیوادارین کۆبونەوەی ٥ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئومێدبەخش بێت بۆ بەستنی کۆنگرە و گەڕانەوەی متمانە لە نێوان سەرکردایەتی و کادیرەکانیدا، ئەویش لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی راستەوخۆ و ئازاد و دور لە هەموو

سازانێك. دواکارین تەنها هۆڵی کۆنگرە و دەنگدانی پاك و بێگەرد بڕیاردەر بێت.

بە پێچەوانەوە، ڕێگا نادەین لەپێناوی بەرژەوەندیی تاکەکەسیدا یاری بە خوێنی شەهیدان و مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کەمئەندامانی سەنگەر و پێشمەرگە و ڕێکخستنە دێرینەکان و زیندانیانی سیاسی و جەماوەرەکەی بکرێت. لەو پێناوەشدا هەڵوێستی توندمان دەبێت.

کۆمەڵەی ڕێکخستنە دێرینەکان و
کۆمەڵە پێشمەرگە دێرینە دانەبڕاوەکان
٤/ ١٢/ ٢٠١٩

## پاشکۆی ژمارە ١١

### ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی ناوەند دەربارەی دواکەوتنی کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان و ئەگەری دواخستنی کۆنگرە

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان
پێشمەرگە و فەرماندە قارەمانەکان
هەڤاڵان و جەماوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

دوای بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەی چوارەم و ئامادەکاریی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ کۆنگرە و ئەنجامدانی کۆنفرەنسی کۆمیتە و مەکتەبەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کەرنەڤاڵی ئەنجامدانی کۆنگرە، هیچ پاساوێك بۆ دواخستنی کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان نەماوە، بەتایبەتی کە سەرجەم کارە تەکنیکی و لۆجیستییەکان تەواو بون. ئەنجومەنی ناوەند لەسەر کۆی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی کۆنگرە بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی دوپات دەکاتەوە:

١-دەبێ لە سەرەتای هەفتەی ئایندە کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان کە هەموو ئامادەکارییەکی بۆ کراوە، ئەنجام بدرێ.

٢-دەبێ کۆنگرە لەم مانگەدا ببەسترێت و نابێ بە هیچ شێوەیەك بۆ ساڵی داهاتوو دوا بخرێت.

٣-ئەگەر لەبەر بەرژەوەندیی بەرتەسکی شەخسی یان هەر هۆکارێکی دیکەی نارەوا کۆنگرە بۆ ساڵی داهاتوو دوا بخرێت، ئەوا ئێمە وەك ئەنجومەنی ناوەند بە هیچ شێوەیەك ناچینە ژێر باری ئەم بەرپرسیارێتییە مێژوییە و ڕێز لە ئیرادەی یەکێتییەکان دەگرین.

٤-دەستخۆشی لە مەکتەبی هەڵبژاردن و لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکەین کە بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ کردووە و داوایان لێ دەکەین بەردەوام بن لەسەر کارەکانی خۆیان.

٥-ئەنجومەنی ناوەند بە هەموو شێوەیەك گشت جۆرە لیستێکی داخراو ڕەت دەکاتەوە و لەگەڵ پرۆسەیەکی شەفاف و دیموکراتی دایە.

٦-ئەنجومەنی ناوەند سوپاسی دڵسۆزی و پشوودرێژیی سەرجەم هەڤاڵان و ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات کە ڕوو لە ئەنجومەنی ناوەند دەکەن و داوای هەڵوێست و پشتگیریمان لێ دەکەن.

٧-بە وردی چاودێریی بەڕێوەچونی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین، هیوادارین ئەو کۆبونەوەیە لەو ساتە هەستیار و مێژووییەدا بڕیارێکی بەرپرسیارانە بدات و ڕوحیانەتی سەرۆك مام جەلال و سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان شاد بکات.

ئەنجومەنی ناوەندی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٤/ ١٢/ ٢٠١٩

## پاشكۆی ژماره ١٢

### پەیامی پشتگیریی ئەنجومەنی ناوەند لە بڕیارەکەی ٥ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

دوای پەیامەکەی ئەنجومەنی ناوەند سەبارەت بە پرسی بەستنی کۆنگرەی چوارەم کە داوای کردبوو کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان لەم هەفتەیە بکرێ و کۆنگرەی چوارەمیش لەم مانگە ببەسترێ و بۆ ساڵی ئاینده دوا نەخرێ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کۆبونەوەی خۆیدا کە تەوەری سەرەکیی لەسەر پرسی کۆنگرە بوو، هەردوو داواکارییەکەی ئەنجومەنی ناوەندی جێبەجێ کرد و بڕیاریدا کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان لە رۆژی دوشەممە ٩ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ ئەنجام بدرێ و کۆنگرەی چوارەمیش لە ٢١ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ ببەسترێ. بۆیە، لە کۆبونەوەی ٦ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ ی سکرتاریەت و لێپرسراوانی کۆمیسیۆنەکانی ئەنجومەنی ناوەندا بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەرز نرخێنرا، پشتگیریی بڕیارەکە کرا و هیوای ئەوە خوازرا کە کۆنفرەنسی مەڵبەندەکان و کۆنگرە لە کاتی دیاریکراوی خۆیان ئەنجام بدرێن و بە هیچ شێوەیەك دوا نەخرێن.

هەر لەم پەیامەدا بە دەرفەتی دەزانین کە سوپاسی ئەندامان و کادیران و جەماوەری یەکێتی و سەرجەم ئۆرگان و رێکخراو و کۆمەڵەکانی سەر بە یەکێتی بکەین کە لەگەڵ ئەنجومەنی ناوەند هاوڕا و هەماهەنگ بون و پشتگیریی پەیامەکەیان کرد و خوازیاری ئەوە بون کۆنگرە بۆ ساڵی ئاینده دوا نەخرێت.

هیوادارین کۆنگرەی چوارەم کۆنگرەی نوێبونەوە و بەهێزبون و کۆکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت.

ئەنجومەنی ناوەند

## پاشكۆی ژماره ١٣

### ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

ئەندامانی هەڵبژێردراو بە دەنگدانی راستەوخۆ:

١-دکتۆر بەرهەم ساڵح.

٢-دکتۆر رێواز فایق.

٣-قوباد تاڵەبانی.

***

ئەندامانی هەڵبژێردراو بە دەنگدانی نهێنی:

بازنەی سلێمانی:

١-شوان قادر مەعروف.

٢-ئاراس شێخ جەنگی.

٣-جەزا سەید مەجید.

٤-سالار عومەر نوری.

٥-دکتۆر سۆران جەمال تاهیر.

٦-ئاوات محەمەد غەفور.

٧-مستەفا چاوڕەش.

٨-دکتۆر جوان ئیحسان.

٩-مەحمود قەرەداغی.

١٠-دکتۆر میران محەمەد عەباس.

١١-حەسەن نوری (وەستا حەسەن).

١٢-تەلار لەتیف محەمەد.

١٣-شاناز برایم ئەحمەد.

١٤-لەتیف عومەر مستەفا.

١٥-ئاسۆس عەلی.

١٦-شۆڕش ئیسماعیل.

١٧-سەرکەوت زەکی.

١٨-بێستون سابوراوایی.
١٩-چرا عومەر سابیر.
٢٠-جوتیار نوری.
٢١-دکتۆر عیززەت سابیر.
٢٢-پەروین کاکە حەمە سەعید محەمەد.
٢٣-شلێر غەفور ژاژڵەیی.
بازنەی کەرکوك:
١-لاهور شێخ جەنگی.
٢-بافڵ تاڵەبانی.
٣-ئاسۆ مامەند ئیسماعیل.
٤-رەفعەت عەبدوڵلا حەمە رەش.
٥-جەلال شێخ ناجی تاڵەبانی.
٦-رزگار عەلی حەمە جان.
٧-رەوەند مەلا مەحمود.
٨-حەمەسور دووشیوانی (محەمەد عوسمان).
٩-خالید شوانی.
١٠-رەسول عومەر لەتیف (وەستا رەسول).
١١-چەتۆ ساڵح سەعید.
١٢-ئەحمەد عەبدوڵلا عەسکەری.
١٣- کاکەمەند کاکەڕەش.
١٤-مستەفا چالاوی.
١٥-کاکە ڕەش سدیق ئەحمەد.
١٦-غازی محەمەد حەمە رەشید.
١٧-ستران عەبدوڵلا.
١٨-ئالا تاڵەبانی.
١٩-هیوا عەبدوڵلا ئەحمەد.
٢٠-رێبوار تەها مستەفا.
٢١-کاوە سەلیم مەجید.
٢٢-فەهمی بورهان عومەر.
٢٣-دابان عەبدولکەریم کاکە حەمە.
٢٤-خەمینە ساڵح ئەحمەد.
٢٥-دریڤان عەبدولقادر.
٢٦-ئاڤێستا محەمەد عیززەددین.
٢٧-رزگار حاجی حەمە.
٢٨-حەسیبە عەبدوڵلا خورشید.
٢٩-سیروان کوێخا نەجم.
٣٠-هەڵکەوت عەبدوڵلا عەزیز.
٣١-فریال عەبدوڵلا قادر.
٣٢-دڵپاك تاهیر.
بازنەی هەولێر:
١-فەرید ئەسەسەرد.
٢-بورهان سەعید سۆفی.
٣-قادر عەزیز.
٤-شالاو کۆسرەت رەسول.
٥-شادمان مەلا حەسەن.
٦-دەرباز کۆسرەت رەسول.
٧-هەرێم کەمال ئاغا.
٨-فەهیمە سابیر حەمەد.
٩-دکتۆر رێبوار ئیسماعیل.
١٠-دکتۆر دارا رەشید مەحمود.
١١-سەعدی ئەحمەد پیرە.
١٢-جەمال نادر حەمەد (حاجی مەسیفی).
١٣-دکتۆر مەجید محەمەد ئەمین سادق.
١٤-ژینۆ محەمەد ئیسماعیل حسێن.
١٥-دکتۆر شەونم زرار بڵباس.
بازنەی دهۆك:
١-لەتیف تەها فەتاح نێرەوەیی.
٢-سەلام عەبدوڵلا محەمەد.
٣-محەمەد ئەمین شیروانی.
٤-ئاراس جیهانگیر محەمەد ئاغا.
٥-ئیمان عەبدولڕەزاق محەمەد.
بازنەی بەغدا:
١-پۆلا سیروان تاڵەبانی.
٢-هێرش حەبیب حەمید عەلی.

بازنەی سۆران:
١-زوبێر ئیسماعیل.
٢-هەژار حەسەن کوێستانی.
٣-ئاریێز عەبدوڵڵا ئەحمەد.
٤-فێنك ئەحمەد قادر.
بازنەی نەینەوا:
١-رابیحە حەمەد عەبدوڵڵا.
٢-نەسروڵڵا سورچی.
٣-سەردار هەرکی.
بازنەی خانەقین:
١-مەحمود سەنگاوی (حەمە غەریب ئەمین عەلی).
٢-خەسرەو گوڵ محەمەد.
٣-بڵێسە جەبار فەرمان.
٤-عیماد ئەحمەد.
٥-شێرکۆ میروەیس.
بازنەی شارەزور:
١-ئەحمەد حەمە کەریم باوەشێخ.
٢-سەرتیپ عەلی محەمەد.
٣-سالار سەرحەد خەلیفە یونس.
٤-حەمەی حەمە سەعید.
٥-حامد حاجی غالی.
٦-شلێر غەفور عیززەت.
٧-عەتا فەتاح مەحمود (عەتا سەراوی).
بازنەی گەرمیان:
١-نەوشیروان ئەحمەد حەسەن.
٢-شیرین شێخ حسێن.
٣-عەدنان محەمەد قادر (عەدنان حەمەی مینا).
٤-میقداد بەهادین محێدین.
٥-محەمەد حاجی فایق.
٦-تابان عەبدوڵڵا گەرمیانی.
بازنەی چەمچەماڵ:
١-سەرکەوت محەمەد غەفور.
٢-شاڵاو عەلی عەسکەری.
٣-ڕێبوار عومەر حەمەسور حسێن.
بازنەی کۆیە:
١-رەهبەر سەید برایم بەرزنجی.
٢-ئەبوزێد ساڵح مستەفا.
٣-فەوزیە نەزیف سابیر.
بازنەی شنگال:
١-ئەمین بابە شێخ.
٢- داوود جندی سلێمان شنگالی.
بازنەی حەمرین:
١-کەریم شکور محەمەد.
٢-ئیکرام عەلی ئەمین.
بازنەی قەرەچوغ:
١-سابیر ئیسماعیل حەمەد.
بازنەی راپەڕین:
١-ئارام قادر خەبات.
٢-پەروین بابەکر حەمە ئاغا.
٣-بێگەرد تاڵەبانی.
٤-عەزیز حەسەن عەزیز.
٥-عەبدوڵڵا کانی بەردی (عەبدوڵڵا ئیسماعیل عەزیز).
٦-ساڵح عوسمان خدر.
٧-ئەحمەد زرار.
٨-وسو ئیبراهیم رەسول (مەلا ئاری).

**پاشکۆی ژمارە ١٤**

## راگەیاندنی ئەنجومەنی باڵای سیاسی (٢٠١٩)

گەلی ئازادیخوازی کوردستان!

کەسوکاری شەهیدان!

هەڤاڵانی یەکێتی!

دەنگدەرە بەئەمەکەکانی یەکێتییەکەی مام جەلال!

لە هەلومەرجێکدا کە قەیرانە ئابورییەکانی جیهانگیری، بەتایبەتی سیاسەتی سودگەرایی لیبرالیزمی نوێ، دەسەپێنرێ، کێشەی گەلان زیاتر پەراوێز دەخرێ، جیاوازیی کۆمەڵایەتی درێژەی هەیە و لەشکری بێکاری زۆرتر دەبێ و سەرەنجام بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، هاوزەمان لە ئەمریکای لاتین، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئاسیا، بۆ دژایەتیی گەندەڵی و بەدیهێنانی دادپەروەری، راپەڕین بەرپا دەکرێ و ستەمکارەکان دەڕوخێن یاخود لە بەردەم داخوازیی راپەڕینەکاندا پاشەکشە دەکەن.

لەم دۆخەدا ئاکامی شکستی حکومەتەکانی عیراق، چەشناوچەشنی دەستوری و ئابوری و سیاسی لە عیراقدا، پەنگیان خواردووە و هەرێمی کوردستان پێویستی بە پرۆژەیەکی نوێی دانوستان و چارەسەری دەستوری و ئابوری و سیاسی هەیە. هێزە کوردستانییەکانیش لە بەرامبەر رووداوەکانی ناوچەکەدا، ئەرکیانە ناکۆکیی حزبایەتی کەم بکەنەوە و ئەرکە هاوبەشە گشتییەکان بکەنە ستراتیجی قۆناغەکە.

لەو بارودۆخەدا کە هێشتا مەترسییەکانی داعش، بە تاکتیکی رەشەکوژیی پارتیزانی لە ئارا دایە و پێشمەرگەش، گیان لەسەر دەست، کوردستان و حکومەتەکەی دەپارێزن، لە دوای کۆچی رابەری هەڵکەوتومان سەرۆك مام جەلال، بە ئامادەبونی ١١٢٦ نوێنەری ئۆرگانەکان، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە و پەیڕەوی ناوخۆ گەڵاڵەیان کردبوو، یەکێتی چوارەمین کۆنگرەی سازدا.

دڵنیاین دۆست و نەیاران، لە پێشەوەیاندا کادر و ئەندامە پەروشەکانی یەکێتی و پێشمەرگە دلێرەکان، چاودێریی چۆنێتیی بەستنی کۆنگرەکەیان دەکرد. بۆ؟ چونکە دۆخی سیاسی، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، کێشە ئابوری و سیاسییەکان فشاریان لەسەر ژیانی حزبایەتی و چۆنێتیی چارەسەرکردنی گرفتەکان هەبوو. سەرئەنجام، بە بەرنامەیەکی گونجاو سەبارەت بە کێشە و پێکهاتەی یەکێتی، لە ناو سیستەمێکی نایابی بەڕێوەبردنی کۆنگرەدا، کاتژمێر ١١ی رۆژی ٢١ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩. کۆنگرە بە خوێندنەوەی راپۆرتی کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکار لە لایەن هەڤاڵ قادر حەمە جانەوە و پاشان بە خوێندنەوەی راپۆرتی سیاسیی جێگری سکرتێری گشتی هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی دەستی پێ کرد. ئینجا رێوشوێنی چۆنێتیی هەڵسەنگاندنی راپۆرتی سیاسی و پەیڕەوی ناوخۆ خرایە دەنگ و چۆنێتیی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی باڵای سیاسی بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و پەیڕەوی ناوخۆ و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گشتی، تێکڕا پەسند کران. پاشان دەرگای خۆپاڵاوتن کرایەوە.

ئەنجومەنی باڵای سیاسی لە کاتێکدا سوپاسی ئەندامانی کۆنگرە و کۆمیسیۆنی باڵا و لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ، هەروەها پارێزەرانی ئەمنی هۆڵەکە، بۆ ماندوبونیان دەکات، هاوکات لە یەکەمین کۆبونەوەی ئەمرۆیدا بنچینەی سیاسەتی خۆی، راپەڕاندنی ئەرکەکانی کە کۆنگرە پەسندی کردون، دیاری کرد و لە ماوەیەکی کورتدا لە رێی لیژنەی هاوبەشی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و ئەنجومەنی گشتییەوە، دەسەڵاتی لە پەیڕەوی ناوخۆدا، هەروەکو لە کۆنگرە بڕیاری لێ درا، دەچەسپێنرێ. لە کۆبونەوەکەدا جەخت کرایەوە کە دەستەبەری سیاسەت و بەرژەوەندیی یەکێتی دەبێ، لە هەموو ئاست و ئاراستەکاندا. دوا

تواناشی دەخاتە کار، ئۆرگانەکان پابەندی بڕیارەکانی کۆنگرە و ڕێبازی یەکێتی و سەرۆك مام جەلال بن، کە ڕێبازی دادپەروەریی ڕەنجدەرانی بیر و بازووە، ڕێبازی کوردایەتیی مافی چارەی خۆنوسینە بۆ سەرانسەری کوردستان، ڕێبازی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی و یەکسانیی ژن و پیاوە.

جەماوەری کوردستان

ئەنجومەنی باڵای سیاسی سور دەبێ لەسەر جێبەجێکردنی بڕیار و بەرنامەکانی کۆنگرە. لە ڕێی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەشەوە، یەکێتی لە حکومەتی عیراق و کوردستان دەتوانێ داکۆکیی ڕاستەقینە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك بکات. لە پێشەوەدا، کێشە ئابورییەکان. هەتا کێشە ئابورییەکانی خەڵکیش، لە پێشەوەدا موچە و بودجە، هەروەها دانەوەی پاشەکەوتی موچەخۆران چارەسەر نەکرێ و پرۆژەکان نەخرێنەوە کار، بانکەکان متمانە وەرنەگرنەوە و قەرزی سەرمایەداران نەدرێتەوە، یەکێتی ناتوانێ جەماوەر ئاشت بکاتەوە و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و لێبوردنیش ناچەسپێنرێ.

لە سەردەمی نوێی جیهانگیری و هەژمونی سۆسیال میدیادا، لە دوای چوارەمین کۆنگرەوە، یەکێتی پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێی حزبایەتی و ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. لە کاتێکدا ئەرکمانە یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکان و دۆستایەتیی پشتیوانەکانمان پەرە پێ بدەین، ناشبێ جیاوازیی ڕێبازی فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتیشمان بە سیاسەتی ئەقڵانی، وەکو حزبێکی سۆسیال دیموکرات، گەش دەرنەخەین. یەکخستنی هێزە سیاسییەکان و ڕێکخستنی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لە بۆتەی خەباتی پیشەیی و جەماوەری و مەدەنیدا، بنچینەی ئەرکە دیموکراتییەکانە لەم قۆناغەی گوزەری دیموکراسیدا بەرەو سیستمی دیموکراسیی ڕاستەقینە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو بەدیهێنانی ئەرکەکانی چوارەمین کۆنگرە.

نەمری بۆ شەهیدان.

سەرکەوتن بۆ خەباتی چارەی خۆنوسینی نەتەوەکەمان.

بێتە دی دیموکراسی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری.

ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

٢٦/ ١٢/ ٢٠١٩

## پاشکۆی ژمارە ١٥

## ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ (٢٠٢٠)

بەڕێز ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی

سڵاو

بەپێی بڕیاری کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی دووەمیدا لە ٢٢ی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ سەبارەت بە پێداچونەوەی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ پاش کۆتایی هاتنی کۆنگرە، یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی لە ١٤ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ لیژنەیەکی لە ٢٠ ئەندامی ئەنجومەن پێکهێنا و ئەرکی پێداچونەوەی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پێ سپارد و دوا وادەشی بۆ تەواوکردنی کارەکان بۆ دیاری کرد کە ٢٤ ی کانونی دووەمە.

لە ١٥ی کانونی دووەمدا لیژنەکە دەستی بە کارەکانی کرد و لە یەکەم کۆبونەوەیدا لێپرسراوەتییەکانی بەم شێوەیە دابەشکرد:

-فەرید ئەسەسەرد- سەرۆکی لیژنە.

-چەتۆ ساڵح سەعید- جێگری سەرۆکی لیژنە.

-سەرکەوت زەکی- بڕیاردەر.

-تەلار لەتیف- بڕیاردەر.

هەر لەو کۆبونەوەیەدا پلانی کار کردن لەسەر ئەم بنەمایانە دانرا:

١-کارکردن بەو ئامانجەی کە کارەکە لە ماوەی دیاریکراودا بە ئەنجام بگەیەنرێ.

٢-گفتوگۆی تێر و تەسەل لەسەر هەموو ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆ بکرێ.

٣-هەموو ماددەکان پاش گفتوگۆ بە دەنگدان یەکلا دەکرێنەوە.

٤-ئەو ماددانەی کە بە کۆی دەنگ یان بە زۆرینەیەکی زۆر یەکلا دەکرێنەوە، لە ناو پرۆژەکە دەچەسپێنرێن و ئەو ماددانەی کە رای جیاواز لە سەریان هەیە، بە دوو ئۆپشن دەبرێنە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بۆ ئەوەی ئەنجومەن بە گفتوگۆ و دەنگدان یەکلایان بکاتەوە.

٥-هەموو ئەندامانی لیژنەکە ئازادن لە دەربڕینی بۆچونەکانی خۆیان و کاتی پێویستیان بۆ رادەربڕین پێ دەدرێ.

٦-هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی کە ئەندامی لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ نین، مافیان هەیە ئامادەی کۆبونەوەکانی لیژنەکە بن و بەشداری لە گفتوگۆکاندا بکەن، بەڵام مافی دەنگدانیان نابێ.

لە میتۆدی کارکردنی لیژنەکەدا، بەم چەشنە مامەڵە لەگەڵ چەمکی «پێداچونەوە» دا کراوە کە ئەم مانایانەی خوارەوەی هەیە:

-دارِشتنەوەی ماددەکان.

-زیادکردنی ماددەکان.

-تێکهەڵکێش کردنی ماددەکان.

-لابردنی ماددەکان.

-گۆڕینی ریزبەندیی ماددەکان.

لەبەر سەختیی ئەرکەکە و زۆریی گفتوگۆکان، کارەکە لەسەرخۆتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا، بۆ پێشەوە چوو. لە ٢٣ ی کانونی دووەمدا، بۆ لیژنەکە دەرکەوت کە ئەستەمە کارەکە لە وادەی دیاریکراودا بە ئەنجام بگات، بۆیە پاش وەرگرتنی رەزامەندیی بەڕێز مستەفا چاوڕەش سەرپەرشتیاری کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی، ماوەکە تا ٢٨ی کانونی دووەم درێژ کرایەوە. لە ٢٧ی کانونی دووەمدا لیژنەکە کارەکانی تەواو کرد. لە ٢٨ی کانونی دووەمدا پێداچونەوەی تەکنیکی بە دەقە هەموارکراوەکەدا کرا و دواتر هەموو ئەندامانی لیژنەکە دەقەکەیان واژۆ کرد.

لیژنەکە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەیدا ١٢ کۆبونەوەی ئەنجام داوە کە هەمویان بەسەر یەکەوە ٧١ سەعاتیان خایاندووە. جگە لە ٢٠ ئەندامەکەی لیژنەی راسپێردراو، ٣٧ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بە شێوەی خۆبەخش ئامادەی کۆبونەوەکانی لیژنەکە بون، بەشدار بون لە گفتوگۆکاندا و هەمویان بەوپەڕی ئازادییەوە راو بۆچونەکانی خۆیان دەربڕی و گفتوگۆکانیان دەوڵەمەند کرد. لیژنەکە لەو روانگەیەوە کە کاری پێسپێردراوی تەواو کردووە، دەقی هەموارکراوی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ دەخاتە بەر دەستی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی بۆ ئەوەی بڕیاری یەکجارەکی لێ بدات.

١/ ٢/ ٢٠٢٠

## پاشکۆی ژمارە ١٦

## نامەی ئەنجومەنی باڵای سیاسی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی

هەڤاڵانی تێکۆشەری ئەنجومەنی سەرکردایەتی
سڵاوێکی هەڤاڵانە

بە گرنگی دەزانین ئاگادارتان بکەینەوە کە وا ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بەرپرسیارە لە پاراستن و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و پەیڕەوی ناوخۆ، دوای ئەو زنجیرە کۆبونەوانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و پەسەندکردنی بڕیاری هەستیار، ئەنجومەنی باڵا وەك ئەرکی سەر شانی، کۆبونەوەی نائاسایی ئێوارەی ١١ی شوباتی ٢٠٢٠ی بە سەرپەرشتیی هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی سەرۆکی ئەنجومەن، ئەنجام دا و بڕگە و بڕیارە راگەیەندراوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی تاوتوێ کرد، چونکە یەکێتی کەوتۆتە دۆخێکەوە، پێویستە وریا بین، بۆیە بڕیارماندا:

١-کۆبونەوەکانتان بۆ ماوەیەك هەڵپەسێرن.

٢-تەواوی ئەو بڕیارانەی داوتانن، بۆ دەسەڵاتەکان و ئۆرگانەکان، مەترسییان لەسەر هاوسەنگیی ریزەکانمان هەیە، بۆیە پێش یەکالاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵا لە لایەن لیژنەی هاوبەشی هەردوو ئەنجومەنەوە، (ئەو بڕیارانە) شەرعیەتی ئۆرگانیکی وەرناگرن.

٣-پێویستە کۆبونەوەی تایبەتی و بەرپرسیارانە بۆ گفتوگۆی چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان و بۆچونە جیاوازەکان بکەین. پاش ئەم کۆبونەوەیە و لێك تێگەیشتن، بڕیار بدرێ کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەردەوام بن.

داوامان وایە، لە هەموو بارێکەوە، دۆخی یەکێتی وردتر لێك بدەنەوە و تەواوی ئەگەرەکان لەبەرچاو بگرن.

بە هیوای چارەسەرکردنی کیشەکان و پتەوکردنی گیانی هەڤاڵانە و بەرز راگرتنی ئاڵای سەوزی یەکێتی و رێبازی سەرۆك مام جەلال کە رێبازی چەپکە گوڵ و برایەتی و خۆشەویستییە. لەگەڵ رێزی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٢٠٢٠/٢/١١

## پاشکۆی ژمارە ١٧

## رونکردنەوەی نوسینگەی رۆژنامەوانیی کۆسرەت رەسول عەلی

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی
هەڤاڵان ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی
ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
جەماوەری خۆڕاگری کوردستان

لە دوێنێوە دەنگۆیەك بڵاو بۆتەوە گوایە هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتی رەزامەند بووە و رێککەوتنی نهێنیی لە ژورە تاریکەکان بۆ هەڵبژاردنی دوو هاوسەرۆك بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجام داوە.

لێرەوە رایدەگەیەنین کە جەنابی کاك کۆسرەت هیچ رێککەوتنێکی نهێنیی ئەنجام نەداوە و هەمیشە لەگەڵ تەبایی و یەکڕیزیی هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و رای وایە ئەمڕۆ و ئایندەی یەکێتی پێویستی بە هەموو هەڤاڵانە و دەبێ هەموو، پێکەوە، کار بۆ سەرخستنی یەکێتی و خزمەتکردنی هاووڵاتییانی کوردستان بکەن.

نوسینگەی رۆژنامەوانیی کۆسرەت رەسول عەلی
٢٠٢٠/٢/١٩

## پاشکۆی ژمارە ١٨

## پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەم

بەشی یەکەم
بنەما گشتییەکان

ماددەی (١)

یەکەم: ناو: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کورتکراوەکەی (ی. ن. ك)ە.

دووەم: سنوری کار و خەباتی، هەرێمی کوردستان-عیراق، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و ناوچەکانی تری عێراقی فیدراڵ و دەرەوەی وڵات دەبێت.

سێیەم: بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێر (پایتەختی هەرێمی کوردستان) دەبێت و بارەگا لە پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عیراق بە پێی پێویست دەکاتەوە.

ماددەی (٢)

یەکەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی سۆشیالیست دیموکراتە، تێدەکۆشێت بۆ حوکمرانییەکی دروست و خەبات بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دیموکراسی، هاووڵاتیبوون، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنوسین دەکات. بڕوای بە بنەمای یەکسانی و پێکەوە ژیان هەیە و دژی جیاکاریی رەگەزی و ئاینییە.

دووەم: دروشم، ئارم، سرود و ئاڵا پێکدێن لە:

أ) دروشم: ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و چارەی خۆنوسین.

ب) ئارم: دەستێك گوڵی لالە (مێلاقە) و چڵە زەیتون و گوڵە گەنمێکی بەرزکردۆتەوە.

ج) سرود: سرودی مەشخەڵان، سرودی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

د) ئاڵا: ئاڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەنگی سەوز دەبێت و ئارمەکەش لە ناوەڕاستیدا دەبێت.

ماددەی (٣)

پەیڕەوی ناوخۆ: دەستوری کاری رێکخراوەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ئەندام و ئۆرگانەکان لە هەر پلە و ئاستێکدا بن دەبێت پێوەی پابەند بن.

ماددەی (٤)

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خاوەن کەسایەتیی یاسایی مەعنەوییە.

ماددەی (٥)

یەکەم: کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای کۆی ئەندامان رێژەی یاسایی وەردەگرێت.

دووەم: جگە لەو ماددانەی کە دەنگدان تێیاندا بە دەقێکی دیاریکراو و رێژەیەکی جیاواز دیاری کراوە، لە ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەنگدان بە زۆرینەی سادە یەکلایی دەکرێتەوە.

ماددەی (٦)

یەکەم: ئۆرگانەکانی رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر بنچینەی پەیکەر و دابەشکاریی دەنگدانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رێکدەخرێن. هەر گۆڕانکارییەك لەو پەیکەربەندییە روو بدات، پێویستە ئۆرگانەکانی رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەگەڵ دا بگونجێندرێت.

دووەم: ئۆرگانەکانی رێکخستن بریتین لە:

أ) پۆل.

ب) کەرت.

ج) کۆمیتە.

د) مەڵبەند.

بەشی دووەم

**ئەندامێتی، سزادان و پاداشتکردن**

ئەندامێتی

ماددەی (٧)

هەر هاووڵاتییەکی کوردستان، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و ناوچەکانی تری عیراقی فیدراڵ و دەرەوەی وڵات، باوەڕی بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبێت و مەرجەکانی ئەندامێتیی تێدا بێت، دەتوانێت ببێتە ئەندام.

**مەرجەکانی ئەندامێتی**

ماددەی (٨)

یەکەم: ئەندام:

أ) تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی تەواو کردبێت.

ب) خوێندکاران و لاوان پەیوەندییان لە (١٦) ساڵییەوە وەك لایەنگر پەسەند دەکرێت.

ج) ئەندامێتی لە ڕێگای داواکارییەکەوە دەبێت.

د) لە ئۆرگانێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چالاکی بنوێنێت.

ه) پەیوەندیی بە هیچ لایەنێکی سیاسیی ترەوە لە هەرێمی کوردستان و عیراق نەبێت.

و) لە هیچ دۆسییەکی خیانەتکاری و گەندەڵییەوە تێوە نەگلابێت، یان تاوانێکی ئابڕووبەرانەی لە دادگا بەسەردا ساغ نەبووبێتەوە.

ز) ئابوونە بدات.

دووەم: پەیوەست بە خاڵی (ز) لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی ڕێسایەکی تایبەت بە بڕ و چۆنیەتیی وەرگرتنی ئابوونە دەردەکات.

**ئەرکەکانی ئەندام**

ماددەی (٩)

ئەندام دەبێت:

یەکەم: دڵسۆزانە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێ بکۆشێت.

دووەم: یەکێتیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بپارێزێت.

سێیەم: هەوڵی گەشەپێدانی ئاستی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی خۆی و هەڤاڵەکانی بدات.

چوارەم: نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بپارێزێت و ڕاستییەکانی لێ نەشارێتەوە، لێدوان دژ بە سیاسەت و ستراتیژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هیچ هەلومەرج و بارودۆخێکدا نەدات.

پێنجەم: داکۆکی لە بەرنامە و سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەروەرییەکانی بکات.

شەشەم: بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بخاتە سەرووی بەرژەوەندیی خۆی و بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە ڕابگرێت.

حەوتەم: لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە گشتییەکان و کەمپینەکانیدا بەشداری بکات و کار بۆ سەرخستنی لیست و کاندیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات.

هەشتەم: هەوڵ بدات دۆست و لایەنگر و ئەندام بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیدا بکات.

نۆیەم: ڕێز لە سەروەریی یاسا و مافەکانی مرۆڤ و ژینگە بگرێت و پابەند بێت پێیانەوە.

مافەکانی ئەندام

ماددەی (١٠)

ئەندام:

یەکەم:

أ) مافی هەیە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا خۆی بۆ ئۆرگان، یان پۆستەکانی پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەوڵەت، بپاڵێوێت بە گوێرەی ئەو مەرجانەی بۆی دیاری دەکرێن.

ب) مافی پرسیار و پێشنیاز و ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ هەموو ئەندامان لە هەر بابەتێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و دارایی لە ناو ئۆرگانەکانی خۆیاندا پارێزراوە.

دووەم: لەکاتی لێپرسینەوە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لە ناوەندی کاروباری یاسایی مافی بەرگری لە خۆ کردنی دەبێت.

سێیەم: لە ئەنجامی کار و چالاکی و لەکاتی نەخۆشی و ڕووبەڕووبونەوەی کێشە و زیان بەرکەوتنیدا لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، قەرەبوو بکرێتەوە و مافی پارێزراو بێت.

چوارەم: بەپێی ڕێسایەکی تایبەت بە پاداشت، کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە دەردەچێت، ئەندامان و کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای هەڵسەنگاندن و بەگوێرەی چالاکییان لە سەرجەم ئۆرگانەکان، لە ڕووەکانی ماددی و مەعنەوییەوە پاداشت دەکرێن.

**لەدەستدانی ئەندامێتی**

ماددەی (١١)

ئەندام ئەندامێتی لە دەست دەدات بە هۆی:

یەکەم: مردن، دەرکردن یان وازهێنان.

دووەم: ناپاکی (سیاسی، نیشتمانی، نەتەوەیی و حزبی).

سێیەم: کارکردن بۆ پارتەکانی تر لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا.

چوارەم: لە دەستدانی هەر یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی، کە لە ماددەی (٨) دا هاتووە.

**سزادان**

ماددەی (١٢)

یەکەم: جۆرەکانی سزادان بریتین لە: ئاگادارکردنەوە، سەرنجراکێشان، هەڵپەساردن، پلەداگرتن، دەرکردن.

دووەم: هەر ئەندامێك لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیدا کەمتەرخەمیی نواند، یان دەستەگەری و گێرەشێوێنیی ئەنجام دا، یان گوفتار و کرداری بووە مایەی تێکدانی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جەماوەرەکەی، حزب و لایەنەکان و بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان، بە ئەندازە و جۆری کەمتەرخەمی و سەرپێچییەکەی، بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت:

أ) ئاگادارکردنەوە: سزاکە بە نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی ئەندامی سەرپێچیکار دەکرێت، تیایدا جۆری سەرپێچییەکەی ڕوون دەکرێتەوە و هۆکاری سزاکەشی دیاری دەکرێت. ئۆرگانەکەی دەتوانێت بەپێی ڕێکارەکانی ئەم بڕگەیە کارڕاییەکانی سزاکە جێبەجێ بکات.

ب) سەرنجراکێشان: سزایەکە بە نوسراوێکی فەرمی لە لایەن ئۆرگانی سەرووتر ئاراستەی ئەندامی سەرپێچیکار دەکرێت، تیایدا سەرنجی بۆ سەرپێچییەکە رادەکێشرێت و هۆکاری سزاکەشی تیادا ڕوون دەکرێتەوە.

ج) هەڵپەساردن: ئەم سزایە مەکتەبی ڕێکخستن یان ئۆرگانی پەیوەندیدار دەریدەکات بە مەرجێك هەڵپەساردنەکە لە سێ مانگ کەمتر و لە شەش مانگ زیاتر نەبێت.

د) پلەداگرتن: مەکتەبی سیاسی لە کاتی بەردەوامبوونی ئەندام لە ئەنجامدانی پێشێلکاریی تر، یان ئەو پێشێلکارییانەی بە هۆیەوە سزا دراوە، واتە ئاگادارکردنەوە، سەرنجراکێشان و هەڵپەساردنی وەرگرتبێت، بەپێی قەبارەی پێشێلکارییەکەی، پلەکەی دادەگرێت.

ە) دەرکردن: ئەندام لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەردەکرێت:

١- لە پەیڕەو و پرۆگرام لابدات.

٢- کار دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان بکات.

٣- کار دژ بە سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات و هەوڵی تێکدانی ریزەکانی بدات.

٤- پێگە حزبییەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت.

٥- بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٦- درکاندنی نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سۆشیال میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هەر شوێنێکی تر، کە زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بگەیەنێت.

٧- کار دژ بە پاڵێوراوان و بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بکات.

٨- هەر ئەندامێك لە هەر پلەیەکدا بێت تاوانی بە ئەنقەست یان ئابڕوبەرانەی ئەنجام دابێت و بە بڕیارێکی دادگا حوکم درابێت.

سێیەم: هەر ئەندامێك پلەیەکی حزبی هەبوو بێت و فەرمانی دەرکردنی بۆ دەرچوو بێت، دوای وەرگرتنەوەی بە ئەندام، دەبێت سەرجەم پلەکانی ڕێکخستن لە سەرەتاوە ببڕێتەوە.

چوارەم: سەرجەم سزاکانی لەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێ دراوە هەموو ئۆرگانەکان دەگرێتەوە، دەبێت لیژنەی لێکۆڵینەوەیان بەگوێرەی ڕێکارەکانی ئەم پەیڕەوە بۆ پێك بێت.

ماددەی (١٣)

سکاڵاکار مافی تانەلێدانی لە بەردەم ناوەندی کاروباری یاسایی هەیە و دوای پێدانی پاساوە یاساییەکان لە لایەن ناوەندی کاروباری یاساییەوە، بڕیارەکە یەکلا دەکرێتەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیارەکە پەسەند دەکات و هاوسەرۆك واژۆی کۆتایی فەرمانەکە دەکات.

## بەشی سێیەم

## کۆنگرە، کۆنگرەی نائاسایی، پلینیۆم، کۆنفرانسی گشتی

کۆنگرە

ماددەی (١٤)

کۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتە و هەر چوار ساڵ جارێك دەبەسترێت.

ماددەی (١٥)

نابێت، لە هیچ بارێکدا، کۆی گشتیی ئەندامانی کۆنگرە لە یەك هەزار ئەندام تێپەڕ بکات.

ئەندامانی کۆنگرە پێکدێن لە:

یەکەم: ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر.

دووەم: پێشمەرگەکانی ساڵی ١٩٧٦.

سێیەم: ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە لە ١٢٤ هەڤاڵ پێکدێت و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی.

چوارەم: ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کۆنگرەکانی پێشوو، کە لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خەبات بەردەوامن.

پێنجەم: جگە لە بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، تەواوی ئەندامانی کۆنگرە بە هەڵبژاردن دەبن، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بەرکەوتەی ئەندامانی کۆنگرە لە سنوری دەزگا و مەکتەبەکان و ئۆرگانەکانی تر بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری دەکات.

ماددەی (١٦)

یەکەم: کۆمسیۆنێك بە ناوی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێك دەهێندرێت.

دووەم: ژمارەی ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی

دیاری دەکرێت.
سێیەم: شەش مانگ پێش کۆنگرە، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکار، بە هاوکاریی دەزگای هەڵبژاردنەکان و بانکی زانیاری و ناوەندی کاروباری یاسایی، ڕێژە و ڕێکار و میکانیزمەکانی پەیوەست بە کۆنگرە ئامادە دەکات و لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە پەسەند دەکرێت.
چوارەم: بە ئامادەبوونی ٣/٢ ی ئەندامانی کۆنگرە، کۆنگرە ڕەوایی بەستن وەردەگرێت.
ماددەی (١٧)
یەکەم: کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە ئامادە دەکات و ٣٠ ڕۆژ پێش کۆنگرە بڵاوی دەکاتەوە .
دووەم: دوای بڵاوبونەوەی تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە، هەر ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تانەی لە تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە هەبوو، لە ماوەی ٧ ڕۆژدا پێشکەشی دەکات.
سێیەم: تانەکان ئاراستەی ناوەندی کاروباری یاسایی دەکرێن، کە لە ماوەی ٧ حەوت ڕۆژدا پێویستە بڕیاریان لێ بدات و بڕیارەکە یەکلایی دەکرێتەوە.
چوارەم: پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەی لە بڕگەی دووەم و سێیەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، دوای یەکلابوونەوەی تانەکان لە ناوەندی کاروباری یاسایی، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، پێش پازدە ڕۆژ لە وادەی دیاریکراو بۆ بەستنی کۆنگرە، تۆماری کۆتایی ئەندامانی کۆنگرە بڵاو دەکاتەوە.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە**

ماددەی (١٨)
یەکەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بریتین لە:
أ) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
ب) هەڵسەنگاندن و پەسندکردنی ڕاپۆرتی گشتیی هاوسەرۆك، بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئامادەبووان دەبێت.
ج) هەڵسەنگاندنی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە نێوان دوو کۆنگرە و بڕیاردان لەسەر سیاسەتی نوێ بۆ چەسپاندنی ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵسەنگاندنی سیاسەتە پیادەکراوەکان لە هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدراڵ و جیهان.
د) پەسندکردنی راپۆرت و بڕیاردان لە کۆنگرەدا بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئامادەبووان دەبێت.
ه) تاوتوێکردنی ئەو پرس و بابەتانەی، کە کۆنگرە بە پێویستی دەزانێت بڕیاریان لەسەر بدات.
و) بڕیاردان لەسەر سکاڵا و پێشنیازە پێشکەشکراوەکان.
ز) رادەستکردنی سەرجەم بەڵگەنامە و تۆمارەکانی کۆنگرە لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیارەوە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراو.
دووەم: هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە تاك و فرە لیستی کراوە و یەك بازنە دەبێت. دەبێت ئەندامی دەنگدەری کۆنگرە دەنگەکانی خۆی دابەشی سەرجەم ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان بکات کە رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی تێدایە.
سێیەم: دەرکردنی راگەیاندنی کۆتایی لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرەوە دەبێت.

**کۆنگرەی نائاسایی**

ماددەی (١٩)
یەکەم: کۆنگرەی نائاسایی لەو کاتەدا دەبەسترێت، کە قەیرانێك، یان رووداوێکی گرنگ دێتە پێشەوە، کە کاریگەریی لەسەر ئایندەی گەلی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبێت.
دووەم: لەسەر داوای (٣/٢)ی ئەندامانی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی، کۆنگرەی نائاسایی دەبەسترێت.

سێیەم: لانی کەم مانگێك پێش بەستنی کۆنگرەی نائاسایی، کاتی بەستنی دیاری دەکرێت.

چوارەم: جگە لە گۆڕینی ئەندامانی سەرکردایەتی و پەیڕەوی ناوخۆ، کۆنگرەی نائاسایی هەمان دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی ئاسایی هەیە.

پێنجەم: ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ئاسایی پێشوو دەبنەوە ئەندامی کۆنگرەی نائاسایی.

**پلینیۆم**

ماددەی (٢٠)

یەکەم: لەسەر داوا و بڕیاری (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پلینیۆم دەبەسترێت.

دووەم: بەشدارانی پلینیۆم پێکدێن لە دەستەی دامەزرێنەر، پێشمەرگەکانی ١٩٧٦، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ئەنجومەنی باڵای سیاسی، ئەندامانی مەکتەب، جێگرانی مەڵبەند، لێپرساوی بەشەکانی مەڵبەند، سکرتێری ڕێکخراوەکانی خوێندکاران، لاوان، ژنان و وەزیر و پەرلەمانتارەکانی لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

سێیەم: ئەرکەکانی پلینیۆم:

أ) پێداچونەوەی کاروبارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ب) وەرگرتنی بیروڕای زۆربەی ئەندامان.

ج) دەتوانێت (٤/١)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بگۆڕێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە ناو پلینیۆم پەسەند دەکرێن.

چوارەم: لەکاتی نەبەستنی کۆنگرە لەبەر هەر هۆکارێك، پلینیۆم تەنیا بۆ یەك جار دەتوانێت کۆنگرە دوا بخات و کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە پێك دەهێنێت و تێیدا کاتی کۆنگرەی داهاتوو دیاری دەکات.

**کۆنفرانسی گشتی**

ماددەی (٢١)

یەکەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر دوو ساڵ جارێك بە مەبەستی هەڵسەنگاندن کۆنفرانسێکی گشتی ئەنجام دەدات، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی ڕێکی دەخات.

دووەم: ئامانجی ئەم کۆنفرانسە بریتیە لە داڕشتن و هەڵسەنگاندنی هێڵە گشتییەکانی ستراتیژ و بەرنامەی کاری سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و خستنەڕووی پرۆژە و پێشنیازەکان بە مەبەستی بەرجەستەکردنیان بە شێوەیەکی کردەیی.

سێیەم: کار و چالاکیی سەرجەم ئۆرگانەکان لەو کۆنفرانسە بە ڕاپۆرتێك پێشکەش دەکرێت.

چوارەم: لیژنەیەك لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کات و شوێن و بەشداربوانی ئەم کۆنفرانسە گشتییە دیاری دەکات.

**بەشی چوارەم**

**ئەنجومەنی سەرکردایەتی**

پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

ماددەی (٢٢)

یەکەم: ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێکدێت لە١٢١ هەڤاڵ، کە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئازاد و نهێنی هەڵدەبژێردرێن و سێ هەڤاڵ، کە بە هۆی پۆستەکانیانەوە، تا کۆنگرەی داهاتوو، بە دەنگدانی ئاشکرا دەبنە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە.

دووەم: هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەسەر بنچینەی بەرکەوتە و دابەشبوونی جوگرافیا بە گوێرەی مەرجە بڕیارلێدراوەکان دەبێت.

سێیەم: هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کۆنگرە، لەسەر بنەمای تاك و بە یەك بازنەیی و فرە لیستی کراوە دەبێت لەسەر بنچینەی پێوەری ڕێژەی تێکڕایی دەنگهێنانی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عیراق لە٢٠١٤و ٢٠١٨دا.

چوارەم: دوای کۆنگرە بەتەمەنترین ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بانگهێشتی ئەندامانی ئەنجومەن دەکات و سەرپەرشتیی یەکەم کۆبونەوە دەکات.

**مەرجەکانی ئەندامێتیی ئەنجومەن**

ماددەی (٢٣)

مەرجەکانی ئەندامێتی بریتین لە:

یەکەم: تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

دووەم: لە ئاستێکی هۆشیاری و سیاسیی گونجاودا بێت.

سێیەم: لانی کەم (٧) ساڵ کاری لە ئۆرگانەکاندا کردبێت.

چوارەم: پلەی ڕێکخراوەیی لە کارگێری مەڵبەند و هاوتاکانی کەمتر نەبێت.

پێنجەم: لانی کەم دەرچوی ئامادەیی بێت، جگە لە ئەندامانی سەرکردایەتی، ئەنجومەنی ناوەند، پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، پێشمەرگە پارتیزانەکان، کەم ئەندامانی سەنگەر، ڕێکخستنە دێرینەکان و زیندانیانی سیاسی.

شەشەم: مەرجەکانی تری ئەندامێتیی تێدا بێت، کە لە ماددەی ٨ی ئەم پەیڕەوەدا هاتوون.

ماددەی (٢٤)

یەکەم: ئەو ئەندامانەی دەیانەوێت خۆیان بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بپاڵێون، فۆرمی کاندیدبون پڕ دەکەنەوە.

دووەم: دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پازدە ڕۆژ پێش دەستپێکردنی کۆنگرە دادەخرێت.

سێیەم: پاش کۆتاییهاتنی ماوەی خۆپاڵاوتن، کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە ناوەکان ڕادەگەیەنێت و دەرگای خۆ پاڵاوتن دادەخرێت.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن**

ماددەی (٢٥)

یەکەم: ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

أ) بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو کۆنگرەدا و سەرچاوەی بڕیارە لە پرسە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا.

ب) بەرپرسە لە بەدواداچوونی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە.

ج) دارشتنی سیاسەتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی.

د) پەسندکردنی پەیڕەوی کاری ئۆرگانەکان.

ه) بەدواداچون و هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە لە ئیشوکاری سەرجەم ئۆرگانەکان.

دووەم: دانیشتنەکانی ئەنجومەن:

أ) ڕێژەی یاسایی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە ئامادەبونی (٥٠٪+١)ی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت.

ب) ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆبونەوەی ئاسایی هەر(٦٠) ڕۆژ جارێك ئەنجام دەدات.

ج) لەسەر داوای (٣١) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یان سکرتاریەتی ئەنجومەن بۆ هەر پرسێکی لەناکاو و چارەنوسساز کۆبونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدرێت.

سێیەم: ئەو ڕێسایانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەریان دەکات، سەرجەم ئاست و ئۆرگانەکان پابەند دەبن پێوەی.

چوارەم: پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ئەم پەیڕەوە.

پێنجەم: دەرکردنی فەرمانی کارگێڕیی ئەندامانی مەکتەبەکان دوای هەڵبژاردنیان.

شەشەم: دوای خستنەڕووی هۆکار و بەڵگەکان، بە دەنگی زۆرینەی سادە دەتوانێت لە کاتی پێویستدا هەر ئەندامێکی بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە هەڵپەسێرێت یان لەکاری بخات.

حەوتەم:

أ) ئەندام و لێپرسراوی هەر ئۆرگانێکی حزبی و پەرلەمانی و حکومی (بەرکەوتەی یەکێتی) لە بەرێوەبەری گشتی بۆ سەرەوە بانگهێشتی ئەنجومەن دەکرێت بە مەبەستی میوانداری یان روونکردنەوە لەسەر پرسێکی دیاریکراو لەسەر داوای ٣١ ئەندام یان لەسەر داوای خۆی.

ب) لەسەر داوای (٣/١)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ئەندام و لێپرسراوی هەر ئۆرگانێکی حزبی و پەرلەمانی و حکومی (بەرکەوتەی یەکێتی) لە بەرێوەبەری گشتی بۆ سەرەوە بانگهێشت دەکات بۆ لێپرسینەوە.

ج) ئەگەر ئەندامی بانگهێشتکراو لە بڕگەی (ب) لە ئاستی چاوەڕوانیدا نەبوو و دەرکەوت کەمتەرخەم بووە، ئەوا بە دەنگی (٣/٢)ی ئەندامان بە گوێرەی ئەم پەیڕەوە سزا دەدرێت بەڵام ئەگەر:

١- بانگهێشتکراو لە ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، ئەوا سزاکانی ماددەی ١٢ی ئەم پەیڕەوەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

٢-بانگهێشتکراو لە پەرلەمان و حکومەت و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان بوو، دەبێت رەزامەندیی سەرۆکی تیمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە حکومەت و پەرلەمان وەربگیرێت، تا بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدرێت.

هەشتەم: ئەو رێککەوتنە گرنگانەی پەیوەندییان بە پرسە چارەنوسسازەکان و بەرژەوەندیی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هاوپەیمانێتیی هەڵبژاردنەوە هەیە، پاش پەسندکردنی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، هاوسەرۆک واژۆیان دەکات.

نۆیەم: پەسندکردنی لیستی ناوی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان و کابینەی وەزاری.

دەیەم: پەسندکردنی پەیڕەوی کاری هاوسەرۆک، مەکتەبی سیاسی، مەکتەب و ناوەند و بۆردەکان.

یانزەیەم: پەسندکردنی بودجەی گشتیی ساڵانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

دوانزەیەم: لێسەندنەوەی متمانە لە هاوسەرۆک و سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە رێژەی (٣/٢)ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێت.

سیانزەیەم: دەست لەکارکێشانەوەی هاوسەرۆک بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پەسند دەکرێت.

چواردەیەم: لە ئەگەری دەست لەکارکێشانەوە، یاخود لێسەندنەوەی متمانە لە هاوسەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بە هەمان رێکاری پێشوو هەڵبژاردنیان بۆ دەکرێت و دەبێت سەرلەنوێ متمانە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی وەربگرنەوە.

پانزدەیەم: لەسەر داوای ٥١ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لێسەندنەوەی متمانەی هاوسەرۆک دەخرێتە بەرنامەی کاری ئەنجومەنەوە.

شانزەیەم: لێسەندنەوەی متمانە و دەست لەکارکێشانەوەی هاوسەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و گۆڕینیان بە رێژەی (٣/٢)ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێت.

حەڤدەیەم: لێسەندنەوەی متمانەی ئەندامانی سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە هەمان رێکاری بڕگەی پانزەیەم و شانزەیەمی ئەم ماددەیە دەبێت.

هەژدەیەم: لەسەر داوای واژۆکراوی لانی کەم

پانزه ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دەکرێ پێشنیازی نوێ بخرێتە خشتەی کاری ئەنجومەنەوە.

نۆزدەیەم: دوای یەك ساڵ لە دەست بەکاربوونیان، لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی هاوسەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لێپرساوانی مەڵبەند و بۆرد و ناوەندەکان دەکرێت و ئەنجومەن بۆی هەیە بە پێی ڕێکارەکانی ئەم پەیڕەوە، گۆڕانکارییان تێدا بکات، کە دەشێت جارێکی تر متمانە لە ئەنجومەن وەربگرنەوە.

ماددەی (٢٦)

هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە چوارچێوەی پەیڕەوی کاری ئەنجومەندا ئازادیی تەواوی ڕادەربڕینی هەیە، لە سۆنگەی ڕاو بۆچوونەکانییەوە هیچ لێپرساویەتییەکی لە ناو ئەنجومەن ناکەوێتە سەر شان.

ماددەی (٢٧)

لەکاتی بوونی بۆشایی (بە هۆی مردن یان وازهێنان یان هەر هۆکارێکی تر) لە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بەپێی ڕیزبەندیی دەنگەکان لەو کەسانەی لە کۆنگرەدا لە بازنەکانیان دەنگیان هێناوە شوێنەکانیان پڕ دەکرێنەوە.

ماددەی (٢٨)

هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بچێتە ناو حزبێکی تر، لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەردەکرێت.

ماددەی (٢٩)

یەکەم: ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەم کۆمسیۆنە هەمیشەییانەی لای خوارەوەی دەبێت بە مەبەستی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئۆرگانەکان:

أ) کۆمسیۆنی ڕێکخستن.
ب) کۆمسیۆنی هەڵبژاردن.
ج) کۆمسیۆنی مەکتەبەکان.
د) کۆمسیۆنی حکومەت و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان.
ه) کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن.
و) کۆمسیۆنی دەستپاکی.

دووەم: ئەرك و دەسەڵات و ژمارەی ئەندامانی کۆمسیۆنەکان لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە لە پەیڕەوی کاری ئەنجومەندا دیاری دەکرێن بە مەرجێك پێچەوانەی ئەم پەیڕەوە نەبێت.

سێیەم: ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆی هەیە بەپێی پێویست کۆمسیۆنی تر دابمەزرێنێت یان هەر یەکێك لەم کۆمسیۆنانە هەڵبوەشێنێتەوە.

چوارەم: ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆی هەیە لیژنەی کاتی بۆ هەر پرسێکی دیاریکراو دروست بکات.

هەڵبژاردنی سکرتێر و سکرتاریەتی ئەنجومەن

ماددەی (٣٠)

یەکەم: لە دوای پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە دانیشتنی یەکەمیدا سکرتێر و جێگر و بڕیاردەرێك بە جیا لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بە دەنگدانی ئازاد و نهێنی و ڕاستەوخۆ ، بە بەدەستهێنانی (٣/٢) ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن.

دووەم: لە کاتی بونی زیاتر لە کاندیدێك و بەدەست نەهێنانی (٣/٢)ی دەنگەکان لە گەڕی یەکەمدا، یەکەم و دووەمی براوە دەچنەوە کێبڕکێ و بە دەنگی زۆرینەی سادە ئەنجامەکە یەکلایی دەبێتەوە.

سێیەم: تەمەنی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی نابێت لە(٤٠) ساڵ کەمتر بێت.

ماددەی (٣١)

دەسەڵاتەکانی سکرتێر بریتین لە:

یەکەم: کردنەوە و سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی

کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

دووەم: بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ کۆبونەوەی نائاسایی.

سێیەم: خستنەڕووی هەر بابەتێك، کە پێویستی بە دەنگدانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەبێت.

چوارەم: بەشداری لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا دەکات.

پێنجەم: بڕیارە پەسەندکراوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی واژۆ دەکات و ئاراستەی لایەنی پەیوەندیداری دەکات.

شەشەم: دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی کاتیی هەیە بۆ هەر کێشەیەکی حزبی کە رووبەڕووی ئەنجومەن دەکرێتەوە.

حەوتەم: سەرپەرشتیکردنی کۆمسیۆنەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

ماددەی (٣٢)

یەکەم: دەسەڵاتەکانی جێگری سکرتێر بریتین لە:

أ) جێگرەوەی سکرتێر دەبێت لەکاتی ئامادەنەبونیدا.

ب) هاوکاریی سکرتێر دەکات بۆ سەرپەرشتیی کۆمسیۆنەکان.

ج) هەر دەسەڵاتێکی تر، کە لە لایەن سکرتێرەوە پێی دەدرێت.

دووەم: دەسەڵاتەکانی بڕیاردەری ئەنجومەن بریتین لە:

أ) چاودێری کردنی پرۆسەی دەنگدان لە ناو ئەنجومەن.

ب) نوسین و رێکخستنەوەی کۆنوسی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن.

ج) راگەیاندنی کارنامەی کۆبونەوەکان.

**بەشی پێنجەم**

**هاوسەرۆك**

**ئەرك و مەرج و دەسەڵاتەکانی**

ماددەی (٣٣)

یەکەم: هاوسەرۆك لە (٢) هەڤاڵ پێکدێت بۆ کارکردن و هاوبەشی کردن لە بەڕێوەبردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

دووەم: هاوسەرۆك، ڕاگری هاوسەنگی دەبن و کار دەکەن بۆ جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و یەکڕیزی و یەکگوتاری و یەکهەڵوێستیی سەرجەم ئۆرگانەکان و نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەن لە ناوەوە و دەرەوە و لە بەردەم دامودەزگا حکومی و یاساییەکاندا.

سێیەم: ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبن و لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن.

چوارەم: هەموو رێککەوتن و هاوپەیمانییەکان بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ دەبن.

ماددەی (٣٤)

یەکەم: تەمەنیان لە ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

دووەم: ناو و ناوبانگیان باش بێت و شارەزا بن لە بواری سیاسەتدا.

سێیەم: لانی کەم دە ساڵ خەباتی سیاسی و رێکخراوەییان لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بێ دابڕان هەبێت.

چوارەم: بە هیچ تاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرا بن.

**هەڵبژاردنی هاوسەرۆك**

ماددەی (٣٥)

یەکەم: لە دوای پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە دەنگدانی ئازاد و نهێنی و راستەوخۆ و بە دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەن ، دوو لە کاندیدەکان بە هاوسەرۆك هەڵدەبژێردرێن.

دووەم: لەکاتی بونی زیاتر لە ٢ کاندید و بەدەست نەهێنانی دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەن ، لە

خولی دووەمدا بە زۆرینەی سادە ئەنجامەکە یەکلایی دەکرێتەوە.

ماددەی (٣٦)

یەکەم: لەکاتی ئامادە نەبونی هەر یەکێك لە هاوسەرۆکان راستەوخۆ هاوسەرۆکەکەی تر دەسەڵاتەکانی دەگرێتە ئەستۆ.

دووەم:

أ) لەکاتی پێشکەشکردنی دەستلەکارکێشانەوەی هەردوو هاوسەرۆك یان یەکێکیان، بە دەنگی زۆرینەی سادەی ئەندامانی ئەنجومەن پەسند دەکرێت.

ب) لەکاتی پابەندنەبوون بە ئەرك و دەسەڵاتەکان، بە دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەن متمانە لە هاوسەرۆك یان یەکێکیان وەردەگیرێتەوە.

سێیەم: بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی (ا، ب) لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە یان دروست بوونی بۆشایی لە پێگەی هاوسەرۆك یان یەکێکیان لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ماوەی (٦٠) ڕۆژدا هاوسەرۆکێکی تر هەڵدەبژێرێت بە پێی ڕێکارەکانی ماددەی (٣٥)ی ئەم پەیڕەوە.

ئەرك و دەسەڵاتەکانی هاوسەرۆك

ماددەی (٣٧)

یەکەم: بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی بڕیار و سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

دووەم: فەرمانی دانانی لێپرسراوی ئۆرگانەکان دەردەکەن پاش هەڵبژاردنیان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

سێیەم: سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بە دەوری دەبێت. لە کاتی وەکیەکیی دەنگەکاندا، دەنگی ئەو هاوسەرۆکەی کۆبونەوەکە بەڕێوە دەبات یەکلاکەرەوە دەبێت.

چوارەم: بەرپرسن لە ڕێکخستنی کاروباری دارایی و پەیوەندییەکان و هەر کاروبارێکی تر کە بچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان.

پێنجەم: لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوە بە شێوەی دەوری بەشداری دەکەن.

شەشەم: هەماهەنگیی نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەن.

حەوتەم: ڕێککەوتنە سیاسییەکان لە دوای پەسندکردنیان لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە واژۆ دەکەن.

هەشتەم: گشتاندنی ڕێسا پەسندکراوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

نۆیەم: راپۆرتی سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆ کۆنگرە و کۆبوونەوەی ساڵانە ئامادە دەکەن.

دەیەم: سکرتاریەتێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیان پێکدێنن.

یانزەیەم: مەکتەبی ئیدارە و دارایی گشتی، مەڵبەندی دیراساتی گشتی، ناوەندی کاروباری یاسایی ڕاستەوخۆ بە هاوسەرۆکەوە دەبەسترێنەوە.

دوانزەیەم: پارێزەری سامان و موڵك و داهاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبن و نابێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان یان کەسوکاریان بەکاریان بهێنن.

سیانزەیەم: هاوسەرۆك پابەندی پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبن و بەرپرسیارن لە جێبەجێ کردنیان.

وتەبێژ:

ماددەی (٣٨)

یەکەم: بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێت و ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەبێت، تەنها کاری وتەبێژی دەبێت و هیچ ئەرکێکی تری نابێت.

دووەم: قسەکەری فەرمیی یەکێتییە و گوزارشت

لە ڕای فەرمیی یەکێتی دەکات.
سێیەم: بە دەنگی زۆرینەی سادە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت.
چوارەم: پێویستە زیاتر لە زمانێك بزانێت.
پێنجەم: ئۆفیسێکی تایبەتی دەبێت.

**بەشی شەشەم**

**مەکتەبی سیاسی**

ماددەی (٣٩)

مەکتەبی سیاسی پێکدێت لە:
یەکەم: هاوسەرۆك.
دووەم: پێنج کارگێڕ.
سێیەم: لێپرسراوی مەکتەب و دەزگاکان.
چوارەم: وتەبێژ.

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسی**

ماددەی (٤٠)

یەکەم: ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەبێت ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بن.
دووەم: کارگێڕان و لێپرسراوی دەزگا و مەکتەب و وتەبێژ لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە، بە زۆرینەی ڕەها هەڵدەبژێردرێن. لە کاتی بەدەست نەهێنانی ئەو ڕێژەیە لە خولی یەکەمدا، بۆ خولی دووەم بە زۆرینەی سادە هەڵدەبژێردرێن.
سێیەم: خۆپاڵاوتن بۆ لێپرسراوی ئەو ئۆرگانانەی کە دەبنە مەکتەبی سیاسی بە شێوەی تاك و بەگوێرەی پسپۆڕی و بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگیی جوگرافی دەبێت.
چوارەم: لەکاتی دروست بوونی بۆشایی، بە هەمان ئەو میکانیزمانەی بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەم ماددەیە شوێنەکانیان پڕ دەکرێنەوە.
پێنجەم: مەکتەبی سیاسی بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و هاوسەرۆك.
شەشەم: جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکان.
حەوتەم: ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی ئۆرگان و دامودەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای پێشنیازکردن لە لایەن مەکتەبی ئیدارە و دارایی گشتییەوە و ناردنی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە مەبەستی پەسەندکردنی.
هەشتەم: جگە لە دەسەڵاتەکانی ئەم ماددەیە، مەکتەبی سیاسی ئەو دەسەڵاتانەی تر بەڕێوە دەبات کە لەم پەیڕەوەدا پێی دراون.
نۆیەم: جگە لە جێبەجێکردنی کاروباری حزب، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هیچ کارێکی تر لە دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناگرنە ئەستۆ، حکومی بێت یان پەرلەمانی، دەبێت تەرخان بن تەنیا بۆ کاری حزبی.
دەیەم:
أ) لە مانگێکدا لانی کەم دوو جار کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
ب) کۆبونەوەی نائاسایی لەسەر داوای هاوسەرۆك یان نیوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەنجام دەدرێت.
یانزەیەم: سکرتاریەتێك بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی پێك دەهێنێت، کە ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە هەڵبژاردن لێپرسراوی دەبێت.

**کارگێڕ**

ماددەی (٤١)

یەکەم: لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن.
دووەم: ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەبن.
سێیەم: کاروباری ڕۆژانەی مەکتەبی سیاسی ڕادەپەڕێنێت.
چوارەم: هەمان مەرج و ئەرك و دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسی دەیانگرێتەوە.

## بەشی حەوتەم
## مەکتەبەکان

ماددەی (٤٢)

یەکەم: لێپرسراوی مەکتەبەکان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبن و دوای هەڵبژاردنیان بۆ لێپرسراویەتیی مەکتەبەکان دەبنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

دووەم: بە مەبەستی پێشخستنی ئیشوکارەکانی، هەر مەکتەبێك كۆنفرانسی ساڵانەی خۆی ئەنجام دەدات.

سێیەم: لێپرسراوی هەموو دەزگا و بۆرد و ناوەندەکان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبن، کە لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن.

چوارەم: لەکاتی وازهێنان، یان لەکارداب‌ڕانی لێپرسراوی مەکتەبەکان، بەبێ پاساوی گونجاوی ڕێکخراوەیی و ئاگادارکردنەوەی ئۆرگانی سەرووی خۆی تا (٤٥) ڕۆژ ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بە هەڵبژاردن جێگاکەی پڕدەکاتەوە.

### مەکتەبی ڕێکخستن

ماددەی (٤٣)

یەکەم: باڵاترین دەسەڵاتی ڕێکخستنە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەرکی سەرپەرشتی ئۆرگانەکانی ڕێکخستنە و بەرنامە و نەخشەی گشتیی ڕێکخستن دادەنێت.

دووەم: لە لێپرسراوی مەکتەب و بەشەکان پێکدێت بە ڕەچاوکردنی بەرکەوتەی جوگرافی و شارەزایی کاروباری ڕێکخستن و بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن.

سێیەم: دەرکردنی ڕێنمایی پێویست و گونجاو بۆ چۆنیەتیی پێکهێنانی کۆمیتە و کەرت و پۆلەکانی ڕێکخستن دوای کۆنفرانسی مەکتەب و مەڵبەندەکان.

چوارەم: پلەی ڕێکخستن بەگوێرەی میکانیزم و ڕێکارێکی پەسندکراو لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەسەر بنەمای پێشبرکێی هەڵبژاردن دەبێت.

پێنجەم:

ا-بۆردەکانی مەکتەب پێکدێن لە:

١) بۆردی ڕێکخستن.

٢) بۆردی ئامار.

٣) هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون.

ب-مەکتەب ئەم بەشانەی دەبێت:

١) بەشی ڕاگەیاندن.

٢) بەشی کارگێڕی و دارایی.

ج- بەگوێرەی پێویست و بە بڕیاری کۆنفرانسی مەکتەب و مەڵبەندەکان و پەسەندکردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دەتوانێت بەشی نوێ بکاتەوە و لە (١١-١٥) ئەندام مەکتەب پێکدێت.

شەشەم: لێپرسراوی مەڵبەندەکان ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن دەبن.

حەوتەم: مەکتەبی ڕێکخستن دەتوانێت پێشنیازی یەکخستن یان کردنەوەی مەڵبەندی نوێ بخاتە بەردەم ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ پەسەندکردن.

ماددەی (٤٤)

مەکتەبی ڕێکخستن و مەڵبەندەکان لە کۆنفرانسی ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی خۆیاندا، سنور و شێوازی کار و پەیکەر و ئەرك و دەسەڵاتی کۆمیتە و کەرت و پۆلەکان بە ڕەچاوکردنی پەیکەربەندیی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕێکدەخەن.

### مەڵبەند

ماددەی (٤٥)

یەکەم: ئۆرگانێکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراودا، کە لێپرسراوەکەی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێت و لە ناو ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت.

دووەم: ئەنجومەنی مەڵبەند بەرزترین دەسەڵاتە لە

مەڵبەنددا و ئەركی جێبەجێكردنی نەخشەی گشتیی ڕێكخستن و چالاكییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانی دەكەوێتە ئەستۆ.

سێیەم: ئەنجومەنی مەڵبەند پێكدێت لە لێپرسراوی مەڵبەند و سێ جێگر و دە كارگێڕ و لێپرسراوی كۆمیتەكان و ئەندامانی مەڵبەند لە بەشەكان.

چوارەم: ئەندامانی ئەنجومەنی مەڵبەند لە كۆنفرانسی مەڵبەند هەڵدەبژێردرێن، جگە لە لێپرسراوی كۆمیتەكان، كە لە كۆنفرانسی كۆمیتەكانی خۆیان هەڵدەبژێردرێن.

پێنجەم: هەر بەشێك **٣-٥** ئەندام بەشی بە پلەی ئەندام مەڵبەند دەبێت، كە بە هەڵبژاردن دیاریدەكرێن.

شەشەم: بەشەكانی مەڵبەند پێكدێن لە:

أ) سەرجەم بۆردو بەشەكانی مەكتەبی ڕێكخستن لە مەڵبەندەكاندا بوونیان دەبێت.

ب) لە كۆنفرانسی مەكتەبی ڕێكخستن و مەڵبەندەكان بەشەكانی تری مەڵبەند ڕێكدەخرێنەوە.

حەوتەم: مەڵبەند بۆی هەیە پێشنیازی پێكهێنانی هەر ئۆرگانێكی پێویست بۆ مەكتەبی ڕێكخستن بكات.

هەشتەم: جگە لە لە هەڤاڵانی ناوبراو لە هەردوو بڕگەی سێیەم و پێنجەمی ئەم ماددەیە، سەرجەم هەڤاڵانی تر لە پلەكانی ئەندام و كارگێڕ و جێگرانی مەڵبەند لە ئەنجومەنەكانی ڕاوێژكاری و پشتیوانیدا ڕێكدەخرێن بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ.

نۆیەم: لێپرسراوی بەشەكان جگە لە كاروباری مەڵبەند پەیوەندیی خۆیان بە میكانیزمێك لەگەڵ ئۆرگانە پەیوەندیدارەكان ڕێكدەخەن.

**مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان**

ماددەی (٤٦)

یەكەم: لە دوو بۆرد پێكدێت:

أ) جەماوەرییەكان.

ب) پیشەییەكان.

دووەم: سەرپەرشتی و هاوكاریی سەرجەم ڕێكخراوە جەماوەری، پیشەیی، ناحكومی و حزبییەكان دەكات.

سێیەم: بەشداریكردن و ڕێنوێنی كردنی ئەو كار و چالاكییانەی خزمەت بە كۆمەڵگای مەدەنی و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دەكەن.

چوارەم: لە (١١) ئەندام مەكتەب پێكدێت، هەر بۆردێك (**٣-٥**) ئەندام مەكتەبی دەبێت.

**مەكتەبی پەیوەندییەكان**

ماددەی (٤٧)

یەكەم: بەرپرسە لە دروستكردن و پتەوكردنی پەیوەندییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییەكان و ڕێكخراوە جیهانییەكانی ناوخۆیی و دەرەكی، بە مەبەستی لۆبیكردن و بەهێزكردنی پێگەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەسەر ئاستی كوردستان و عیراق و وڵاتانی دەرەوە، دانانی نوێنەرانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە دەرەوەی وڵات بە هەماهەنگیی مەكتەبی ناوەندەكانی دەرەوە و گرنگیدان بە باڵیۆزخانە و كونسوڵگەرییەكان و ڕێكخستنی پرۆتۆكۆڵی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە كارە سەرەكییەكانی دەبێت.

دووەم: لە چوار بۆرد پێكدێت:

أ) بۆردی پەیوەندییە كوردستانییەكان: سەرپەرشتی و گرنگیدان بە پەیوەندییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەگەڵ پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی كوردستان.

ب) بۆردی پەیوەندییە عیراقییەكان: سەرپەرشتی و گرنگیدان بە پەیوەندییەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەگەڵ پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی عیراق.

ج) بۆردی پەیوەندییە هەرێمایەتییەكان: سەرپەرشتی و گرنگیدان بە پەیوەندییەكانی یەكێتیی

نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

د) بۆردی پەیوەندییەکانی دەرەوە: سەرپەرشتی و گرنگیدان بە پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە وڵاتانی جیهان لە ڕێی نوێنەرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو وڵاتانە.

سێیەم: بە ڕەچاوکردنی زمانزانی و شارەزایی لە بواری پەیوەندییەکان هەر بۆردێك لە (٣-٥) ئەندام مەکتەب پێکدێت.

**مەکتەبی ڕاگەیاندن**

ماددەی (٤٨)

یەکەم: پێکدێت لە:

أ) چاپەمەنی.

ب) پەخش.

ج) میدیای نوێ.

دووەم: مەکتەبی ڕاگەیاندن چەتری کۆکەرەوەی کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن دەبێت، کە یەکێتی پێداویستییە ماددییەکانیان دەستەبەر دەکات.

سێیەم: (٧-٩) ئەندام مەکتەبی دەبێت، لەگەڵ بەرپرسی کەناڵە مەرکەزییەکانی تۆڕی میدیایی یەکێتی، بە مەرجێك لە (١٥) ئەندام مەکتەب تێپەڕ نەکات.

چوارەم: هەڵبژاردنی ئەندام مەکتەبەکان لەسەر بنەمای پسپۆڕی لە بواری کاری خۆیاندا دەبێت.

پێنجەم: کار بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕاگەیاندنی یەکێتی لە ناوەوە و دەرەوە دەکات.

شەشەم: دەسەڵاتی دەرکردنی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و گۆڤار و کردنەوەی کەناڵی بینراو و بیستراوی دەبێت، لە ناو هەرێم و عیراقی فیدراڵ و دەرەوەی وڵات بەپێی یاسا.

**مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری**

ماددەی (٤٩)

یەکەم: پێکدێت لە:

أ) بۆردی ئەکادیمیای کادیران.

ب) بۆردی ئەرشیف و مێژوو.

ج) بۆردی توێژینەوە و ڕووناکبیری.

دووەم: دانانی ئەندامی مەکتەب لەسەر بنەمای پسپۆڕی و توانا و لێوەشاوەیی دەبێت.

سێیەم: هەر بۆردێك (٣-٥) ئەندام مەکتەبی دەبێت.

**مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران**

ماددەی (٥٠)

یەکەم: پێکدێت لە:

أ) بۆردی شەهیدان و کاروباری جینۆساید.

ب) بۆردی تێکۆشەران پێکدێت لە: کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی پێشمەرگەی دێرین، کەمئەندامانی سەنگەر، زیندانیانی سیاسی و ڕێکخستنە دێرینەکان.

دووەم: هەر بۆردێك (٣-٥) ئەندام مەکتەبی دەبێت، بە مەرجێك لە (١١) ئەندام تێپەڕ نەکات.

سێیەم: تێدەکۆشێت لە ڕێگەی لایەنی پەیوەندیدار و پەرلەمان و حکومەتەوە ماف و خزمەت بۆ وارسی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و قوربانیانی جینۆساید و ئێزیدییەکان و تێکۆشەران دەستەبەر بکات.

مەکتەبی ناوەندەکانی دەرەوە

ماددەی (٥١)

یەکەم: بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کاروباری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە بریتیە لە ڕێکخستن، پەیوەندییەکان، ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان و هەر ئۆرگانێکی تری یەکێتی لە دەرەوەی وڵات.

دووەم: مەکتەبی ناوەندی دەرەوە (٩) ئەندام مەکتەبی دەبێت.

سێیەم: ناوەند لە هەر وڵاتێکدا شوێنی کۆمیتەکان

دەگرێتەوە و سەرجەم ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوە دەگرێتە خۆی.

**مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکان**

ماددەی (٥٢)

یەکەم: کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی یاسا و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا و هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی کەلتوری پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان و عیراق.

دووەم:

لە دوو بۆرد پێکدێت:

أ) کۆمەڵایەتی.

ب) پێکهاتەکان.

سێیەم: هەر بۆردێك لە (٣-٥) ئەندام مەکتەب پێکدێت، بە مەرجێك لە یانزە ئەندام تێپەڕ نەکات.

**دەزگای هەڵبژاردنەکان**

ماددەی (٥٣)

یەکەم: لە دوو بۆرد پێکدێت:

أ) پەیوەندییە گشتییەکان.

ب) هەماهەنگی و بەدواداچوون.

دووەم: هەر بۆردێکی لە (٣-٥) ئەندام مەکتەب پێکدێت، بە مەرجێك لە یانزە ئەندام تێپەڕ نەکات، کە دەبێت شارەزا و پسپۆری بواری هەڵبژاردن و کۆمسیۆن و تەکنەلۆژیای هەڵبژاردن بن.

سێیەم: لە کاتی رێکخستنی پەیکەری دەزگای هەڵبژاردنەکان رەچاوی پەیکەری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکرێت، بەپێی بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان.

چوارەم:

أ) بەرنامە و پلانی هەڵبژاردنە گشتییەکان دادەڕێژێت و سەرپەرشتیی هەڵمەت و پرسەکانی هەڵبژاردنەکان دەکات.

ب) سەرپەرشتیی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئۆرگانەکان و ڕێکخراو و سەندیکاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات.

**مەکتەبی ئیدارە و دارایی گشتی**

ماددەی (٥٤)

یەکەم: لە سێ بۆرد پێکدێت:

أ) بۆردی داهاتی گشتی.

ب) بۆردی خەرجییە گشتییەکان.

ج) بۆردی پرۆژە ئابورییەکان.

دووەم: هەر بۆردێك لە (٣-٥) ئەندام مەکتەب پێکدێت.

سێیەم: دامەزراوەیەکە، بەرپرسە لە بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی توانا مادییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

چوارەم:

أ) سەرجەم موڵك و داهاتەکان بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێت و بەپێچەوانەوە بە ڕێکاری یاسایی دەگوازرێتەوە بۆ سەر موڵکی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ب) کۆی داهات و خەرجی و میلاکات ڕێکدەخات و تاکە سەرچاوەی خەرجییەکان دەبێت.

پێنجەم: سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی هەموو ساڵێك راپۆرتی دارایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راستەوخۆ لە ڕێی هاوسەرۆکەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی دەکات بۆ پەسەندکردنی.

شەشەم: لێپرساوی مەکتەب و لێپرساوی هەر سێ بۆرد مانگی جارێك کۆدەبنەوە و بڕیاردان بە زۆرینەی دەنگ دەبێت.

**ناوەندی کاروباری یاسایی**

ماددەی (٥٥)

یەکەم: لە (٥-٧) ئەندامی مەکتەب پێکدێت،

بە ڕەچاوکردنی پسپۆری و شارەزایی یاسایی، بە مەرجێك هەر ئەندامێکی لە (١٠) ساڵ کەمتر خزمەتی یاسایی نەبێت.

دووەم: ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لێپرسراوی دەبێت و لە ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت.

سێیەم: نوێنەرایەتیی یاسایی سەرجەم ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات، بۆ هەر پرسێکی یاسایی پەیوەندیدار بە کاروباری حزب.

**مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

ماددەی (٥٦)

یەکەم: ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لێپرسراوی دەبێت و لە ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت.

دووەم: پەیکەر و ئەرکەکانی بەگوێرەی ڕێسایەك ڕێکدەخات.

سێیەم: کار دەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

**بانکی زانیاری**

ماددەی (٥٧)

یەکەم: ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لێپرسراوی دەبێت و لە ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت.

دووەم: سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێت.

سێیەم: داتای کادرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر بنەمای زانیاریی بانکی و بەگوێرەی میکانیزمێکی هاوچەرخ ڕێکدەخات.

چوارەم: (٥-٧) ئەندام مەکتەبی دەبێت.

**دەزگای دەستپاکی و چاودێریی دارایی**

ماددەی (٥٨)

یەکەم: ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لێپرسراوی دەبێت و لە ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت.

دووەم: سەربە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێت.

سێیەم: ئەرکەکانی چاودێری دارایی و دەستپاکی لە ئەستۆ دەگرێت.

چوارەم: (٥-٧) ئەندام مەکتەبی دەبێت.

**بۆردی وەرزشی**

ماددەی (٥٩)

یەکەم: بە ڕەچاوکردنی پسپۆریی وەرزشی، لێپرسراوەکەی ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێت و لە ناو ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت.

دووەم: لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

أ) یانە و یەکێتییە وەرزشییەکان.

ب) تیپە میللییەکان.

سێیەم: هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بواری وەرزش.

چوارەم: لە لایەن کارگێڕەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

پێنجەم: لە (٥-٧) ئەندامی مەکتەب، کە وەرزشکار یان شارەزای بواری وەرزشی بن، پێکدێت.

**بەشی هەشتەم**

**ئەنجومەنی باڵای سیاسیو بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

ماددەی ٦٠

یەکەم: ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکدێت لە سەرۆکی ئەنجومەن و ٨ ئەندام لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی خولی پێشوو و تێکۆشەرێکی قاڵبووی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە کۆنگرە متمانەیان پێ دەدرێت.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن نابێت تەمەنیان لە پەنجا ساڵ کەمتر بێت .

سێیەم : بۆچون و بڕیاری ئەنجومەنی باڵا لەسەر پرسە سیاسی و چارەنوسسازەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کورستان، دوای ڕێککەوتن لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و پەسەند کردنی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی ،

دەبێتە بڕیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

چوارەم: ئەنجومەنی باڵا، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بڕیاری یەکگرتن لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسی و سەرکردە و کەسایەتییانە دەدا کە دەیانەوێت لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درێژە بە خەبات بدەن.

پێنجەم: ئەنجومەنی باڵای سیاسی، بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوسەرۆك، لە کاتی پێویستدا، داوای کۆبونەوە لەگەڵ هاوسەرۆك و مەکتەبی سیاسی دەکات.

شەشەم: پرسە ستراتیجییەکان و سیاسەتی گشتیی تایبەت بە پەیوەندییەکانی یەکێتی لە هەرێمی کوردستان، عیراق، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ، بە هاوبەشی لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەن و هاوسەرۆکان کاریان لەسەر دەکرێ.

حەوتەم: لە کاتی تەنگژەو روداوی نەخوازراودا، سەرۆکی ئەنجومەن دوای بڕیاری ئەنجومەنی باڵا، بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوسەرۆك، داوای کۆبونەوەی نائاسایی مەکتەبی سیاسی دەکات.

هەشتەم: ئەنجومەنی باڵا بۆ هەر پرسێکی پەیوەست بە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرۆژەی دەبێت.

نۆیەم: بەپێی دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی مەکتەبی ئیدارەو دارایی گشتی، وەك لە ماددەی ٥٤ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە، وێنەیەك لە راپۆرتی دارایی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەنێردرێت.

دەیەم: ئەنجومەنی باڵا بارەگا و پەیرەوی کارو سکرتاریەت و بودجەی مانگانەی خۆی دەبێت.

یانزەیەم: کارەکانی ئەنجومەن تا بەستنی کۆنگرەی پێنجەم بەردەوام دەبن.

**بەشی نۆیەم**

**حوکمە کۆتاییەکان**

ماددەی (٦١)

ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێت لانی کەم رێژەی (٢٥٪)ی ژنان لە ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای پەسندکردنی ئەم پەیڕەوە جێبەجی بکات.

ماددەی (٦٢)

ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە دەنگی (٣/٤) ی ئەندامانی بۆی هەیە ژمارەیەك کورسی بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی زیاد بکات بۆ ئەو کەسایەتییە سەرکردە و پارتە سیاسییانەی دەیانەوێت لە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درێژە بە خەباتیان بدەن.

ماددەی (٦٣)

سەرجەم ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو پلانەی لە خوارەوە دیاری کراون، فۆرمی بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان پێشکەش بە دەزگای دەستپاکی و چاودێری دارایی دەکەن:

أ) ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی.

ب) ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

ج) ئەندامانی پەرلەمان.

د) حکومەت (بەرکەوتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە پلەی جێگر و بەڕێوەبەری گشتی بۆ سەرەوە.

ە) پارێزگار و جێگری پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و سەرۆکی شارەوانییەکان لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ماددەی (٦٤)

سەرجەم لێپرسراوانی ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دوای پەسەندکردنی ئەم پەیڕەوە ڕێکدەخرێنەوە، بەپێی دوا

لیستی ئاماری پەسەندکراو لە کۆنفرانسی کۆمیتە و مەڵبەند و دەزگا و مەکتەبەکان لە کۆنگرەی چوارەم.

ماددەی (٦٥)

ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەموو ئۆرگانەکان، کە ناویان لەم پەیڕەوەدا نەهاتوە، بە ڕێسایەکی پێشنیازکراو لە لایەن مەکتەبی ڕێکخستن و پێداچونەوەی ناوەندی کاروباری یاسایی و پەسندکردنی لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە ڕێکدەخرێن.

ماددەی (٦٦)

سەرجەم ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو ئەنجومەن دروست دەکەن بە ناوی ئەنجومەنەکانی پشتیوانی و ڕاوێژکاری لە هەڤالانی ئەنجومەنی ناوەند و ئەندامانی مەکتەب و ئەندامانی ئەنجومەنی مەکتەبەکان و مەڵبەندەکان و ئۆرگانەکانی تر ، کە بنەما و شێواز و ئەرك و دەسەلاتی ئەنجومەنەکان یەکگرتوو دەبێت و ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە گوێرەی ڕێسایەك، پاش ئەنجامدانی کۆنفرانسی ئۆرگانەکان، پەسەندی دەکات.

ماددەی (٦٧)

لە سەرجەم ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشی هەڵبژاردن و ئامار یان ڕێکخەری ئەو پرسە دادەنرێت، بە شێوەیەك لەگەڵ بەرنامە و کاری دەزگای هەڵبژاردنەکان ڕێك بخرێت.

ماددەی (٦٨)

لێپرسراوی ئۆرگانەکان دەبێت خۆیان تەرخان بکەن بۆ کاری حزبی.

ماددەی (٦٩)

دوای ماوەیەك، کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت، بەپێی پێویست بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە هەموار دەکرێنەوە لەسەر داوای (٥٠) هەڤاڵ و بە پەسەندکردنی (٥/٤)ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بێ دەستکاریکردنی بنەما گشتییەکان.

ماددەی (٧٠)

ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای سیاسی و کادیرانی پێشکەوتوو نابێت دەسەڵاتی حزبی بۆ هیچ چالاکییەکی بازرگانی و ئابوری بە شێوەی تاك یان هاوبەش، بۆ خۆیان یان کەسی نزیکیان بەکار بهێنن.

ماددەی (٧١)

پلەی ڕێکخراوەیی تەنها بۆ ئۆرگان دەبێت.

ماددەی (٧٢)

سەرجەم ئۆرگانەکان پەیڕەوی کاری خۆیان دەبێت و لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پەسەند دەکرێت.

ماددەی (٧٣)

سکرتاریەتی سەرۆك مام جەلال وەك خۆی دەمێنێتەوە، هاوشێوەی هەر ئۆرگانێکی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

ماددەی (٧٤)

بۆ ڕێکخستنی بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوە لیژنەیەکی هاوبەش لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای سیاسی پێکدێت.

ماددەی (٧٥)

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کۆنگرەی چوارەم بۆ هەموار و پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ لە ٢٠١٩/١٢/٢١ بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی دا، ئەنجومەنەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ، پاش پەسەندکردنی ئەم پەیڕەوە، سکرتاریەتی ئەنجومەن، هاوسەرۆك، کارگێڕ، مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی ئۆرگانەکان بە هەڵبژاردن دیاری دەکات.

ماددەی (٧٦)

سەرجەم ئەندامانی ئۆرگانەکان پابەندی ئەم

پەیڕەوە دەبن و کار بۆ جێبەجێکردنی دەکەن.

ماددەی (٧٧)

دوای ڕاسپاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە لایەن کۆنگرەی چوارەم لە ٢١-١٢-٢٠١٩ بۆ هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ، ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٨ پەسەند کرا.

ماددەی (٧٨)

هەر بڕیارێک کە لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە پەسەند بکرێت، لە ڕۆژی پەسەندکردنییەوە کاری پێ دەکرێت.

ماددەی (٧٩)

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم پەیڕەوە.

ماددەی (٨٠)

ئەم پەیڕەوە پاش پەسندکردنی بە دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی جێبەجێ دەکرێت.

## پاشکۆی ژمارە ١٩

## پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەم

دەروازە:

لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك پێویستییەکی مێژوویی و شێوازی نوێی خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بە ڕابەرایەتیی سەرۆك مام جەلال دامەزرا. دوای ساڵێکیش لە دامەزراندنییەوە خەباتی چەکداری دەست پێکردەوە و بەو جۆرە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستانی هەڵگیرساند. لە دژی ستەم و زۆرداریی ڕژێمی فاشیستی عیراق، شۆڕشی نوێ بووەوە ئومێدی دوای نائومێدی و هۆکارێك بوو بۆ هەستانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

لەو ڕۆژگارەوە تاکو ئەمڕۆ یەکێتی بە چەندین وێستگەی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، بەڵام هەمیشە خۆی لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکان و شێوازی نوێی خەبات گونجاندووە، بۆیە وەك پێشەنگی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان مایەوە و لەسەر ئاستی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازی عیراقیش ڕۆڵێکی مێژوویی گەورەی گێڕا. بەری ڕەنجی خەبات و قوربانییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزە ئازادیخوازەکانی تر ڕاپەڕین، هەڵبژاردنی پەرلەمان، دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، جێگیرکردنی سیستمی فیدراڵی، ڕوخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، پەسەندکردنی دەستوری نوێی عیراق کە تیایدا سیستمی فیدراڵی و پەرلەمانی جێگیر کران و بۆ یەکەمجاریش لە مێژووی عیراقدا کوردێك بوو بە سەرۆکی کۆمار.

بە هۆکاری چەندین ئاستەنگی گەورە، بەستنی کۆنگرەی چوارەم زۆر دواکەوت، چونکە لە نێوان هەردوو کۆنگرە گەلی کوردستان بەگشتی و یەکێتیش بە تایبەت بە هەلومەرجێکی زۆر نالەباردا تێپەڕین. سەرەڕای ئەوەش، لە بارودۆخێکی پڕ لە قەیران و گۆڕانکاری لە کوردستان، عیراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆژانی ٢١-٢٥/١٢/٢٠١٩ لە شاری سلێمانی و بە چاودێریی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق و دەستەیەکی دادوەران، بە بەشداریی ١٠٩٠ ئەندام و لە ژێر دروشمی نوێبونەوە چوارەمین کۆنگرەی خۆی بەست. لەو کۆنگرەیەدا، بڕیار لە پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و متمانە بە سەرۆکەکەی درا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، پڕۆژەی پڕۆگرام و پەیڕەو وەك بنەما وەرگیران و دەسەڵاتی پێداچوونەوە و

پەسەندکردنیان بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی سپێردرا.
کۆنگرە لەپێناوی بەرجەستەکردنی دروشمی نوێبونەوە بە شێوازێکی نوێ، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بەپێی بازنەی جوگرافی، بە بەشداریی ژنان و گەنجان هەڵبژارد و سیستمی هاوسەرۆکیی بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دوای قۆناغی سەرۆك مام جەلال پەسەندکرد.
پەیڕەوی ناوخۆ بەپێی پەیکەری نوێی یەکێتی کە لەگەڵ کاری دامەزراوەیی و هەڵبژاردنەکان گونجێندرا و سێ پرنسیپی بەکۆمەڵ بڕیاردان، چاودێریکردن و دابەشکردنی ئەرك و لێپرساوێتی، بە بنەمای سەرەکی کارکردن جێگیر کران.
یەکێتی وەك هێزێکی سۆشیالیست- دیموکرات، خەباتگێڕ و ئازادیخواز تێدەکۆشێت لەپێناوی: دەستەبەرکردنی مافەکانی تاك و کۆمەڵ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەشداری پێکردنی ژنان و لاوان لە پرۆسێسی سیاسی، بەڕێوەبردن و بڕیاردان، یەکسانیی جێندەری، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، داکۆکیکردن لە مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عیراق، هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یاسا و بڕیارە ستەمکارەکانی رژێمی بەعس، دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی، مافی کرێکاران، هەلی کار، پاراستنی ژینگە و ئارامی لە ژێر سایەی حوکمڕانییەکی دروست و سەقامگیر.
یەکێتی لە چوارچێوەی دەستور و لە رێگای فراکسیۆنەکانی لە پەرلەمانی عیراق، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکان و تیمەکانی لە هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و ئۆرگانەکانی تری، هەوڵدەدات بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئەم پرۆگرامە.

بەشی یەکەم

سۆشیالیست- دیموکرات

یەکێتی حزبێکی سۆشیالیست- دیموکراتی گەلی کوردستانە. لەپێناوی جێبەجێکردنی بنەماکانی سۆشیالیست- دیموکرات، بەتایبەت بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و ژیانێکی سەردەمیانە بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ تێدەکۆشێت.
بەو پێیەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندامی سۆشیالیست ئینتەرناشناڵە (SI) لەسەر ئاستی ناوخۆو جیهان، بە رەچاوکردنی تایبەتمەندیی هەلومەرجەکانی کوردستان و عیراق، پابەندە بە سیاسەت و جیهانبینیی ئینتەرناشناڵ.
هێڵە گشتییەکانی بریتین لە فرەیی سیاسی، ئازادیی بیر و بۆچوون، ئازادیی راگەیاندن، ئاشتیپارێزی، سۆلیداریتی، پاراستن و دەستەبەرکردنی شکۆمەندی ی مرۆڤ و دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی داهاتەکان بەسەر تەواوی هاووڵاتیان لە رێگای دابینکردنی پەروەردە، خوێندن، نیشتەجێکردن، بیمەی کۆمەڵایەتی، بیمەی تەندروستی، یەکسانی لە دابینکردنی هەلی کار، پێویستییەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، پێکەوەژیان بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و لەپێناوی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و ئاشتیی هەمیشەیی لەبەر رۆشنایی رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان هاوشانی هێزە مەدەنییە کوردستانی، عیراقی و جیهانییەکان تێدەکۆشێت.

بەشی دووەم

ئامانجە گشتییەکان

١-تێدەکۆشێت لە پێناوی ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین، ئازادی، لێبوردەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سەروەریی یاسا، مافی هاووڵاتیبوون، کۆمەڵی مەدەنی، سیستمی سیکۆلار، هاوکاری و سۆلیداریتی، پێکەوەژیانی گەلان بە ئاشتی و ئارامی لەسەر بنەمای رێزگرتن لە مافەکانی یەکتر، هاوکات دژی دیکتاتۆری،

جەنگ، داگیرکردن، چەوساندنەوە، هەژاری، گەندەڵی، جیاکاریی نەتەوەیی، رەگەزی، ئاینی و ئاینزایی شۆڤێنیزم، کۆنەپەرستی و تیرۆریزمە.

٢-پابەندبوون بە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و تێکڕای رێککەوتننامە و پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ.

٣-بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کوردستان بە شێوازێکی دیموکراتییانە.

٤-پاراستن و گەشەپێدانی سیستمی دیموکراتی، فیدراڵی و پەرلەمانی لە عیراق.

٥-جێبەجێکردنی سەرجەم مافە یاسایی و دەستورییەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت و عیراق بە گشتی.

٦-پابەندبوون و پشتیوانیکردن لە مافە دەستورییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزاییەکانی کوردستان و عیراق.

٧-جێگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش لە کوردستان و عیراق بە تایبەتی، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە گشتی، لەسەر بنەمای رێزگرتنی بەرامبەر، بەرژەوەندیی هاوبەش و بە ئاشتی پێکەوەژیانی گەلان.

٨-تێکۆشان بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی پەیوەستن بە نەهێشتنی چەکی کۆمەڵکوژ، قەدەغەکردنی بەکارهێنانیان، ناساندنی کۆمەڵکوژییەکانی: کیماباران، ئەنفال، جینۆسایدی ئێزدییەکان، کوردانی فەیلی، بارزانییەکان، سپایکەر، باشور و ناوەڕاستی عیراق و تەواوی قوربانییانی دەستی تیرۆر و قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوان.

٩-پشتیوانیکردن لە چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتییانەی کێشەی گەلی کورد لە ناوچەکەدا.

١٠-ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان، سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی ناوخۆ، دوو ئیدارەیی و چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی.

١١-هەموارکردنەوە و پەسەندکردنی پڕۆژەی دەستورێکی مەدەنی و پەرلەمانی بۆ هەرێمی کوردستان.

١٢-پتەوکردنی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دیموکراسیخواز و نیشتمانییەکان، لەپێناوی بەرژەوەندییە باڵا و هاوبەشەکانی گەلانی کوردستان و عیراق.

١٣-بەدامەزراوەییکردن و بێلایەنکردن و یەکخستنەوەی سەرجەم هێزە چەکدارەکان لە ژێر سایەی ئاڵای نیشتمان.

بەشی سێیەم

ئامانجە سیاسییەکان

١-چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لە رێی دانوستان و بە پشت بەستن بە جێبەجێکردنی دەستوری عیراق، لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن، هاوبەشێتیی راستەقینە و سازانی لایەن و پێکهاتەکان.

٢-جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی: یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری.

٣-پابەندبوون بە بنەما دیموکراتییەکان و دستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لە هەموو ئاستەکان.

٤-دەستەبەرکردنی ئازادیی رادەربڕین، مانگرتن، رێپێوان و خۆپیشاندانی ئاشتییانە بۆ سەرجەم تاك و چین توێژەکانی کۆمەڵ.

٥-داکۆکیکردن لە یەکسانیی جێندەری، مافی ژنان و پەیڕەوکردنی جیاکاریی ئەرێنی، لەپێناوی هاوتاکردنی ژن و پیاو لە ماف و ئەرکەکانیاندا.

٦-بەهێزکردنی دەسەڵاتی چوارەم و پاراستنی ژیانی رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت و عیراق بە گشتی و فەراهەمکردنی ئازادیی

رادەربڕین.
٧-دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵ، لەپێناوی تەواوکردنی دامەزراوەی یاسادانان و هاوسەنگیی نێوان هەرێم و پارێزگاکان.
٨-ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم:
أ-مادەی ١٤٠ی دەستور بنەما و نەخشە رێگای چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەبێت و وەك خۆی جێبەجێ بکرێت.
ب-دید و تێڕوانینە سیاسی و ستراتیجییەکانی سەرۆك مام جەلال دەبنە بەرنامەی کاری چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم.
ج-هەڵوەشاندنەوەی تەواوی یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و لیژنەی کاروباری باکور دەرهەق بە کەرکوك، شنگال، دەشتی نەینەوا، مەخمور، خورماتو، خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم.
د-سڕینەوە و نەهێشتنی تەواوی لێکەوتەکانی ریفراندۆم، ئاسایکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بە هاوبەشی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکان بەپێی دەستور و سازانی نیشتمانی.
ه-بایەخدان بە کەلتوری فرەیی و پاراستنی رەسەنایەتیی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.
و-هاندانی لاوان بۆ بەشداریکردن لە دامودەزگا سەربازی و مەدەنییەکانی حکومەتی هەرێم و فیدرال.
ز-گرتنەبەری تەواوی رێکارە مەدەنییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستور و خواستەکانی خەڵکی رەسەنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

بەشی چوارەم

ئامانجە ئابورییەکان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کار دەکات بۆ گەشەپێدانی سیستمی ئابوری، بازاڕی ئازاد دوور لە قۆرغکاری، پشتیوانیکردن لە پلان و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری و هەموارکردنەوەی یاسا بەرکارەکان بە شێوازێکی سەردەمیانە لەپێناوی گەشە و پەرەپێدانی ئابوریی کوردستان و عیراق.

یەکەم: کەرتی کشتوکاڵ

کەرتی کشتوکاڵ ژێرخان و سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوری و بژێوی ژیانی دانیشتوانە، پەرەپێدان و داڕشتنی سیاسەتێکی تۆکمەی پێویستە، بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك لە رێی چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکانی کەرتی کشتوکاڵ، کێشەی خاوەندارێتیی زەوی، پاراستنی مافی جوتیاران، داڕشتنی پلانی ستراتیجی بەم شێوەیەی خوارەوە:
١-پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو، داڕشتنی ستراتیجێکی هاوچەرخ، دروستکردنی بەنداو، سوود وەرگرتن لە روبار و دەریاچەکان.
٢-هاندانی کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان، بەرفراوانکردنی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، ئاراستەکردنی جوتیاران، پشتگیرکردنی وەبەرهێنەران لە بەرهەمهێنانی بەروبومی جۆراوجۆر و پێداویستییەکانیان.
٣-گرنگیدان بە بانکی کشتوکاڵی و دەرکردنی رێنمایی پێویست بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ سەرخستنی پڕۆژەکان.
٤-گەشەپێدانی سامانی ئاژەڵداری، پەلەوەری، هەنگەلان و ماسی، فراوانکردن و پێشخستنی ناوەندەکانی ڤێتێرنەری.
٥-دابینکردن و بەکارهێنانی تازەترین شێوازەکانی ئامێری تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی، بەرەو گەشەپێدانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەمهێنانی تۆو، گوڵ و نەمام.

٦-پاراستنی لەوەڕگا و دارستانە سروشتییەکان و قەدەغەکردنی راوی نایاسایی.

٧-بوژاندنەوە و گەشەپێدانی گوندەکان وەك ناوەندێکی هاندان بۆ پێشخستن و پشتیوانیکردنی بەروبومە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکان.

٨-چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاری جوتیاران.

٩-گرنگیدان بە توێژینەوەی زانستی و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا کشتوکاڵییەکان.

١٠-بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵ و گرنگیدان بە پیشەسازیی خۆراك.

دووەم: کەرتی پیشەسازی و وزە و کانزاکان

بە ئامانجی پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی و کانزاکان بە جۆرێك بتوانێت سەرجەم پێداویستییە ناوخۆییەکان دابین و هەنارده بکات:

١-دارشتنی ستراتیجی پیشەسازی بە هاوکاریی کەرتی تایبەت، بۆ نوێکردنەوەی کارگەکان، دامەزراندنی کارگەی نوێ، بە تایبەتی ئەوانەی کە پشت بە کەرەستەی خاوی ناوخۆیی دەبەستن و خستنەگەڕی دەستی کاری ناوخۆ.

٢-گەشەپێدانی سیستمی بانکی پیشەسازی و هاوکاریکردنی سەرمایەگوزاری لەو بوارە.

٣-دابینکردنی سەرچاوەکانی وزەی کارەبا و سووتەمەنیی هەمەجۆر بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان.

٤-گەشەپێدان و پاراستنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوخۆ لە رێگای یاسا و سیاسەتە ئابورییەکانەوە.

٥-هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی هاندەر و گونجاو بۆ کارگە و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بە رەچاوکردنی پاراستنی رێنماییە ژینگەییەکان,

٦-هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیاکانی دەرهێنان و بەبازاڕکردن و دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان.

٧-دابینکردنی وزەی کارەبا، سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی وزە وەك خۆر، با، هایدرۆلیك و بەنداو.

٨-دروستکردنی کارگەی پیترۆ کیمیایی و دامەزراندنی پالاوگەی پێویست بە ستانداردی جیهانی.

سێیەم: کەرتی دارایی

١-هەوڵدان بۆ فرە سەرچاوەکردنی داهاتەکانی هەرێم لە رێی هەمەجۆرکردنی چالاکییە بەرهەمدارەکان و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی تری داهات.

٢-هەوڵدان بۆ هەمووارکردنەوەی یاساکانی باج و رسومات، بە جۆرێك کە رۆڵی لە پێشخستنی ئابوری و دابینکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتیدا هەبێت.

٣-دامەزراندن و پەرەپێدانی سیستمی بانکی بە شێوازێکی سەردەمیانە کە توانای دابینکردنی هەموو خزمەتگوزارییە بانکییەکان و دەستەبەرکردنی متمانەی بانکە جیهانییەکانی هەبێت.

چوارەم: کەرتی کارگێڕی

١-کارکردن بە سیستمی لامەرکەزیی کارگێڕی و دارایی لەپێناوی رەخساندنی دەرەفەت بۆ هەمووان و بەشداری پێکردنی دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکان لە دارشتنی پلان و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

٢-جێبەجێکردنی پرنسیپی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو.

٣-دارشتنی سیاسەتێکی کارگێڕیی روون و رەچاوکردنی پێوەرەکانی لێپرسینەوە و شەفافیەت.

٤-گەشەپێدانی کارگێڕی و راهێنان و مەشقپێکردنی کارمەندان.

٥-کارکردن بە سیستمی حکومەتی ئەلیکترۆنی.

٦-کارکردن بە سیستمی هاوبەشێتیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

پێنجەم: کەرتی تایبەت

١-رەخساندنی ژینگەیەکی لەباری وەبەرهێنان

بە هەمواركردنەوەی یاسا بەركارەكانی وەك كار، تۆماركردنی موڵكایەتی، پێدانی قەرز، بەكرێدان و پێدانی مۆڵەت و ... هتد.

٢-دەستەبەركردنی دەرفەتی یەكسان بۆ كێبڕكێی نێوان كەرتی گشتی، تێكەڵ و تایبەت، لە هەموو ئاستە كارگێڕییەكان.

٣-گرنگیدان بە رۆڵی كەرتی تایبەت لە داڕشتنی پلان و سیاسەتە ئابورییەكاندا.

شەشەم: پڕۆژەی بچوك و مامناوەند

داڕشتنی ستراتیج و پلانی گونجاو بۆ پڕۆژەی بچوك و مامناوەند، وەك سەرچاوەیەكی دیاری رەخساندنی هەلی كار و بەگەڕخستنی سەرمایەی بچوك و پتركردنی بەرهەمهێنان.

حەوتەم: گەشتوگوزار

داڕشتنی پلانێكی ستراتیجی بۆ گەشەپێدانی كەرتی گەشتوگوزار لە كوردستان.

هەشتەم: بەگژاچوونەوەی گەندەڵی

١-رێكخستنی هەڵمەتی نیشتمانیی هەمەلایەنە و هۆشیاركردنەوە و دانانی پلانی لەبار بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە هەموو ئاست و بوارەكاندا.

٢-پەیڕەوكردنی شەفافیەت لە سەرجەم بوارەكانی كەرتی گشتی، تێكەڵ و تایبەت.

٣-دەستەبەركردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە سەرجەم بوارەكان بەپێی یاسا كارپێكراوەكان.

٤-پشتگیریكردنی دەسەڵاتی دادوەری و دەزگا چاودێرییەكان و هاوكاریكردنی رێكخراوە ناحكومییەكان بۆ بەگژاچونەوەی گەندەڵی.

بەشی پێنجەم

ئامانجە كۆمەڵایەتییەكان

یەكەم: گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی

١-رەخساندنی دەرفەت و زەمینەی یاسایی و ئابوری بۆ نەهێشتنی بێكاری.

٢-دەرچوواندنی یاسا بۆ دابینكردنی بیمەی بێكاری و كۆمەڵایەتیی هاوسەنگ بۆ تاك و خێزان.

٣-هەمواركردنەوە و پێداچوونەوە بە یاسا و سیستەمەكانی چاكسازیی كۆمەڵایەتی.

٤-پاراستن و دابینكردنی مافەكانی مرۆڤ، ژنان و منداڵان لە رێگەی جێبەجێكردنی رێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكان.

٥-هەمواركردنەوەی یاسای خانەنشینی بە رەچاوكردنی كەمكردنەوەی جیاوازی و دەستەبەركردنی دادپەروەری و دابینكردنی ژیانێكی شایستە بۆیان.

٦-چارەسەركردنی ئاسەوارە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی كەسوكاری قوربانییانی جینۆساید (فەیلییەكان، بارزانییەكان، كیمیابارانكراوان، ئەنفالكراوان و ئێزدییەكان) و شەڕی تیرۆرستانی داعش بەپێی یاسا.

٧-كاركردن بۆ پاراستنی كۆمەڵ لە مادده هۆشبەرەكان بەپێی یاسا كارپێكراوەكان و كردنەوەی سەنتەری چارەسەركردنی ئالودەبوان.

٨-كردنەوەی سەنتەری زانستی بۆ چارەسەر و راهێنانەوەی قوربانییانی دەستی تیرۆرستانی شەڕی داعش.

دووەم: گەشەپێدانی مرۆیی

١-گرتنەبەری ستراتیجی گەشەپێدانی توانا و سەرچاوە مرۆییەكان.

٢-پەرەپێدانی سیستمی خوێندنی هاوچەرخ، راهێنان و مەشق پێكردن و دابینكردنی چوارچێوەیەكی دامەزراوەیی كە لەگەڵ بەرنامەكانی تری گەشەكردنی هەرێمدا گونجاو بێت.

٣-هەماهەنگی هەمەلایەنە لە نێوان سیاسەتی دانیشتوان و سیاسەتەكانی بەگەڕخستن و هێزی كار و سیاسەتەكانی خوێندن و ستراتیجی گەشەپێدان.

سێیەم: كەسوكاری شەهیدان و فەیلییەكان و

قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی ئێزدییەکان

١-کارکردن بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانی شۆڕش، قوربانییانی ئەنفال، کیمیاباران، جینۆسایدی ئێزدییەکان و شەهیدانی دەستی تیرۆر و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی ئەو کارەساتانە.

٢-گرنگیدان بە منداڵانی شەهیدان و کارئاسانیکردن بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

٣-زیندوو راگرتنی ناو و یادەوەرییان بە شێوازی جۆراوجۆر.

٤-بەردەوامبوون لە هەڵمەتی گەڕان و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفالکراوان و هێنانەوەی روفاتەکانیان.

٥-کارکردن بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران و ئێزدییەکان.

٦-کارکردن بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدکردنی رۆڵەکانی گەلی کوردستان.

٧-جێبەجێکردنی مادەی ١٣٢ی دەستوری عێراق لە هەرێمی کوردستان.

٨-کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بە شەهیدان و قوربانییانی ئەنفال و جینۆسایدی ئێزدییەکان.

٩-هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی روفاتی پیرۆزی ئێزدییەکان و قوربانییانی دەستی تیرۆریستانی داعش و بەردەوام بوون بۆ دۆزینەوەی چارەنوسی بێسەر و شوێنەکان.

چوارەم: زیندانییە سیاسییەکان

١-جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٠٦ ی هەموارکراو لە پەرلەمانی عێراق، تایبەت بە زامنکردنی مافی زیندانییانی سیاسیی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زیندانییانی سیاسیی عێراق.

٢-چارەسەرکردنی زیندانیی سیاسیی نەخۆش لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لەسەر ئەرکی حکومەت.

٣-تەرخانکردنی زەوی و دابینکردنی مووچەی شایستە بۆ ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون.

پێنجەم: کەمئەندامانی سەنگەر و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان

١-جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی یاسای ژمارە ٣٤ی ساڵی ٢٠٠٧ ی تایبەت بە خانەنشینکردنی کەمئەندامانی سەنگەر، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراوە.

٢-دابینکردنی زەماڵەی خوێندن بۆ کەمئەندامانی سەنگەر و کوڕ و کچیان، دابینکردنی خەرجی بۆ خوێندن بۆیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە پێی مەرجەکانی خوێندن.

٣-دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە رێگەی پێدانی زەوی یان دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی تایبەت بە کەمئەندامانی سەنگەر کە پێداویستیی کەمئەندامانی تێدا رەچاو بکرێت.

٤-هاوکاریکردنی تەواوی کەمئەندامانی سەنگەر بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی.

٥-کردنەوەی چەند سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و پیشەیی لە شار و شارۆچکەکان بۆ کەمئەندامانی سەنگەر.

٦-دیاریکردنی رۆژێك بە ناوی رۆژی کەمئەندامانی سەنگەر.

٧-دیاریکردن و دابینکردنی منحەیەکی گونجاو بۆ بەخێوکەری کەمئەندامان بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.

شەشەم: تێکۆشەر و پێشمەرگە دێرینەکان

١-جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە راژە و خزمەتی پێشمەرگە دێرینەکان.

٢-دابینکردنی زەوی یان یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون.

٣-دابینکردنی ئیمتیازاتی ژنانی شاخ بەپێی ساڵانی خەبات.

حەوتەم: ژنان

١-خەباتکردن بۆ یەکسانی و چەسپاندنی مافەکانی ژنان لە چوارچێوەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی ژنان (پەیماننامەی سیداو)

٢-کارکردن بۆ رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ دابینکردنی ئابورییەکی سەربەخۆ بۆ ژنان لە رێگەی پرۆژەی هەمەجۆرەوە.

٣-بەگژاچوونەوە و رێگریکردن، لە هەر جۆرە تێڕوانین و بیروباوەڕێك کە بانگەشە بۆ جیاکاریی رەگەزی بکات.

٤-بڵاوکردنەوەی کەلتوری یەکسانی لە کۆمەڵدا و رێکخستن و پاراستنی مافەکانی ژنان و رەنگدانەوەی لە ناو یاساکاندا.

هەشتەم: کوردستانییانی هەندەران

بە هۆی ناسەقامگیریی دۆخی ئەمنی و باری ئابوریی ناوخۆی وڵاتەوە، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییان روویان لە هەندەران کردووە، بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەوڵ دەدات بۆ :

١-سوودوەرگرتن لە تواناو شارەزاییان.

٢-بەهێزکردنی ئینتمای نیشتمانی و نەتەوەیی لە ناو ئەو نەوەیەی لە هەندەران لەدایك بوون و ژیاون.

٣-گرنگیدان بە رۆڵ و پێگەیان بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوازێکی مەدەنییانە و دیبلۆماسییانە رۆڵی خۆیان بگێڕن وەك گروپی فشار لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری جیهانی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی جیهان بۆ ناساندن و پشتیوانیکردن لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

٤-هەماهەنگیکردن لەگەڵ عیراقییەکانی دەرەوەی وڵات.

نۆیەم: لاوان

لاوان سەرمایەی هەرە گەورە و بەنرخی کۆمەڵ و داهاتووی وڵاتن، لەو روانگەیەوە لەپێناوی ئایندەیەکی گەش و شایستەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ:

١-پێگەیاندنیان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان، خستنەگەڕی تواناکانیان لە ناوخۆ و دەرەوەدا.

٢-رەخساندنی هەلومەرجی فراوان بۆ پەرەپێدانی ئازادانەی توانا و بەهرەکانی لاوان و گەشەپێدانیان لە رێی دابینکردنی دەرفەتەکانی بەشداربوون لە سەرجەم کایەکاندا.

٣-دابینکردنی زەمینەی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ لاوانی کوڕ و کچ لە پێکهێنانی خێزان و نیشتەجێبووندا.

٤-دروستکردنی کەشی ئازاد بۆ لاوان بۆ بەشداربوونیان بە شێوەیەکی چالاك لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئابوریدا.

٥-گەشەپێدان و زیادکردنی سەنتەرەکانی راهێنان و پێگەیاندنی لاوان و دروستکردنی تۆڕی پەیوەندیی نێوان لاوانی کوردستان و بەستنەوەیان بە لاوانی عیراق و ناوچەکە و جیهانەوە.

٦-پراکتیککردنی میکانیزمی مۆدێرن لە پێکهێنانی رێکخراوەکانی لاواندا، تا بتوانن بە ئازادانە گوزارشت لە بیرو بۆچوونی خۆیان بکەن.

٧-پەروەردەکردنی لاوان بە گیانێکی سەردەمیانە بۆ زیاتر خۆشەویستیی خاك و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانییان.

دەیەم: وەرزش

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هەوڵ دەدات بۆ:

١-هۆشیارکردنەوەی لاوان بۆ بەردەوامبوون لە چالاکیی وەرزشیدا.
٢-دامەزراندنی یانەی وەرزشیی تایبەت بە بوارە جیاوازەکانی وەرزش لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا.
٣-بنیاتنانی ژێرخانی وەرزشی لە شارەکاندا وەك یاریگا، مەلەوانگە و هۆڵی داخراو.
٤-دامەزراندنی بنکەی تەندورستیی وەرزشی بۆ چارەسەری سروشتی و نەشتەرگەریی وەرزشی لە شارە گەورەکاندا.
٥-دابینکردنی بودجەیەکی گونجاو بۆ یانە و یەکێتییە وەرزشییەکان بۆ ئەنجامدانی کاری وەرزشی.
٦-دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانیی وەرزشی بۆ گرنگیدان بە رۆڵی وەرزش لە کوردستاندا.
٧-دابینکردنی توانای دارایی بۆ هێنانی راهێنەری پسپۆر بۆ راهێنانی تیپەکان و دادوەرە وەرزشییەکان بە نوێترین بنەماکانی پەروەردە و یاسای وەرزشی.
٨-گرنگیدان بە تیپە میللییەکان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان.

یازدەیەم: پەروەردە و خوێندنی باڵا

١-هەوڵدان بۆگەشەپێدان و نوێکردنەوەی بەردەوامی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن، گەشەپێدانی بەردەوامی فەلسەفە و سیستمی پەروەردە و فێرکردن بۆ تەواوی خوێندنگەکان.
٢-زیادکردنی خوێندنگەکان بەپێی ستانداره نێودەوڵەتییەکان.
٣-بایەخدانی زیاتر بە بەشە ناوخۆییەکان و هۆیەکانی هاتوچۆ بۆ خوێندکاران.
٤-گەشەپێدانی پەیمانگا و زانکۆکان، پاراستنی سەربەخۆییان لە رووی ئەکادیمی، دارایی، کارگێڕییەوە و بایەخدان بە توێژینەوە زانستییەکان.
٥-بایەخدان بە خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی لە رووی چۆنایەتییەوە، بە شێوەیەك کە لەگەڵ توانا و پێداویستییەکانی بازاڕی کار گونجاو بێت.
٦-گرنگیدان بە وزە و توانای ئەکادیمیستەکان، هاندانی کۆچی پێچەوانەی پسپۆڕان و خاوەن بڕوانامە باڵاکان لە دەرەوە بۆ ناوەوە.
٧-دابینکردنی کورسی و زەمالەی خوێندن لە دەرەوەی وڵات و کارئاسانیکردن بۆ خوێندکاران.
٨-کردنەوەی پەیمانگای تایبەت بە فێرکردنی زمانی کوردی بۆ ئەو بیانییانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و دەژین.

دوازدەیەم: تەندروستی

١-هەوڵدان بۆ دانان و جێبەجێکردنی سیستمی بیمەی تەندروستی.
٢-گرنگیدان بە هۆشیاریی تەندروستی و بەرنامەی خۆپاراستنی تەندروستی و کردنی بە سیستمێکی تەندروستی مۆدێرن.
٣-رێکخستنەوەی سیستمی تەندروستی، بە شێوەیەکی سەردەمیانەی گونجاو لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان بە لەبەرچاوگرتنی رێژەی دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکان و داهاتی تاك.
٤-چاودێریکردن و پاراستنی تەندروستیی ژنانی دووگیان و کۆرپەکانیان.
٥-پەرەپێدانی نەخۆشخانەکان و کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکان.
٦-بەهێزکردنی دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵ لەسەر دەرمان و خۆراك و کەرەستە و پێداویستییە پزیشکییەکان.
٧-گرنگیدان بە کردنەوەی خولی راهێنان و پەرەپێدان بە توانا تەندروستییەکان لە ناوەوە و دەرەوە، هەوڵدان بۆ هێنان و پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆڕ و شارەزا لە سەرجەم بوارە تەندروستییەکاندا بۆ نەخۆشخانەکان.

٨-كردنەوەی كۆمەڵگەی پزیشكی لە شار و شارۆچكەكان.

٩-هەوڵدان بۆ رێكخستنەوەی نەخۆشخانە ئەهلییەكان و كلینیكە پزیشكییەكان، بە جۆرێك كە لەگەڵ داهاتی تاكدا بگونجێت.

١٠-بایەخدان و فراوانكردنی نەخۆشخانەكانی تایبەت بە منداڵان بە جۆرێك كە بتوانێت خزمەتی بەرچاو بە تەندروستیی منداڵان بكات، هەروەها كردنەوەی سەنتەری چارەسەری سروشتی و دەروونی و راهێنانی منداڵانی ئۆتیزم.

١١-رێكخستنەوەی كار و پاراستنی مافی كارمەندانی تەندروستی، پزیشك، پەرستار، دەرمانساز، تاقیگەكاران، كارمەندانی كارگێڕی و هەموو ئەوانەی لە بواری تەندروستیدا كاردەكەن.

سیازدەیەم: ژینگە

دانانی پلانی گونجاو بۆ پاراستن و چاككردنی ژینگەی هەرێم، پابەندبون بە پەیماننامە و پرۆتۆكۆلە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بە ژینگە، دانانی دیسپلین بۆ دابینكردنی سەلامەتی و چاودێریكردنی جێبەجێكردنی ئەم سیاسەتە. هەروەها كاركردن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری چەكە كۆمەڵكوژ و كیمیاییە بەكارهاتووەكان، پاككردنەوەی كێڵگەكانی مین لە كوردستان، پاشماوەی ئەو چەك و تەقەمەنییانەی كە ژینگەی هەرێمیان پیس كردووە. رەچاوكردنی پاراستنی ژینگە لە شوێنە پیشەسازییەكان، دورست كردنی كارگەی ریسایكلین بۆ دووبارە سوودوەرگرتنەوە لە خۆڵ و خاشاك و پاشەڕۆكان.

چواردەیەم: نیشتەجێبوون

١-چارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێبوون بەتایبەت بۆ هاووڵاتیانی كەم دەرامەت و پێداچوونەوە و هەمواركردنی هەموو ئەو یاسایانەی كە لە بورای نیشتەجێبووندا كاریان پێ دەكرێت، سەرباری رێكخستنەوەیان بە شێوازێك كە لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت.

٢-هەمواركردنەوەی یاسای وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنان لە پرۆژەكانی نیشتەجێكردن و دروستكردنی شوقە و خانوی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان، بە شێوەیەك بكرێتە چارەسەری گرفتی نیشتەجێبوون بە رەچاوكردنی داهاتی هاووڵاتیان.

٣-چارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێبوونی پێشمەرگە، كەمئەندامانی سەنگەر، زیندانییە سیاسییەكان، كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان و قوربانییانی شەڕی داعش و خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان.

پازدەیەم: بواری كلتوری

١-گەشەپێدانی بزووتنەوەی كلتوری، دامەزراندنی ناوەندی زانستیی تایبەت بە شێوەزارەكانی زمانی كوردی، لەپێناوی بەستانداركردنی زمان و گەشەپێدانی ئەكادیمیای كوردی.

٢-دابینكردنی زەمینەی لەبار بۆ گەشەپێدانی بوارە جیاجیاكانی میدیا، هونەرە جوانەكان، سینەما، ئەدەب و رێنووسی كوردی.

٣-كۆكردنەوە و بڵاوكردنەوەی فۆلكلۆر،كەلەپوری كوردی و بە ئەرشیفكردنی بەڵگەنامە نووسراو و زارەكییەكانی گەلەكەمان.

٤-گرنگیدان و رێزگرتن لە كلتور و دابونەریتی كۆمەڵایەتیی سەرجەم ئەو پێكهاتە (توركمان، عەرەب، ئەرمەن، كلدوئاشور) و ئایین و ئاینزایانەی (مەسیحی، ئێزدی، سابیئەی مەندائی، كاكەیی) كە لە كوردستان دەژین.

٥-كوردستان لانكەی شارستانییە، هەروەك لە بەڵگە شوێنەوارییەكاندا سەلمێنراوە، پێویستە بایەخ بە شوێنەوارە دێرینەكان و خانوە كۆن و مێژووییەكان لە ناو شار و شارۆچكەكان بدرێت و گرنگیدان بە

فراوانکردن و گەشەپێدانی مۆزەخانە و مۆنۆمێنتەکان بدرێت بە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سورەکەشەوە لە پایتەختی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان.

## پاشکۆی ژمارە ٢٠

## راپۆرتی سیاسیی چوارەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (هەڵبژاردە)

بەڵگەنەویستە کە بەستنی کۆنگرەی حزبە سیاسییەکان کارێکی پێویستە بۆ نوێبوونەوە و خۆ گەیاندنە ئاستی بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی سەرخستنی قۆناغەکان. بۆ یەکێتیش وەکو پێشڕەوی کاری شۆڕشگێری و دیموکراسی و بنیاتنانەوە و پارێزەری دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان زەرورەتێکی حەیاتییە، چونکە لە کۆنگرەدا کە باڵاترین دەسەڵاتە بڕیار لەسەر سەرتاپای مەسەلەکان دەدرێت، کە خۆیان دەبیننەوە لە دیاریکردنی ستراتیج و بەرنامە و هێڵی فکری و دیدگای فەلسەفی و دنیابینی و پەیڕەوی ناوخۆ و هەڵبژاردنی ئەو سەرکردایەتییەی کە دەتوانێت ئەو بەرنامەیە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ....هتد جێبەجێ بکات.

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، دەبوایە ساڵی ٢٠١٣ کۆنگرەی چوارەم ببەسترایە. بەڵام بە هۆی چەندین هۆکاری دەرەکی و ناوەکییەوە نەتوانرا ببەسترێت.

هۆکارە دەرەکییەکان

*قەیرانی دارایی و جەنگی داعش دوو هۆکاری گەورەی درەنگ کەوتنی بەستنی کۆنگرەن، کە هەردووکیان پێکەوە بارودۆخی گەلەکەمانیان دووچاری رەوشێکی زۆر دژوار کرد، بە جۆرێك مەترسیی حەیاتی بوون بۆ سەر ئایندەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان. قەیرانی دارایی کە پاشەکەوتی موچەی لێ کەوتەوە قات و قڕی و ناڕەزایی جەماوەری دروستکرد. بە هەزاران هاووڵاتی لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە ناوچەی سەوز هاتنە سەر شەقامەکان و داوای دابینکردنی ژیان و گوزەرانیان لە حکومەت و حزبە بەشداربوەکانی کرد. لەو کاتەیشدا ئەو شەپۆلی ناڕەزایی جەماوەر چەندین بنکە و بارەگای حزبیی کردە ئامانج و رووداوی نەخواستراو و زیانی جەرگبڕی لە نێوان هەردوولادا لێکەوتەوە.

*داعش دوای دەرکەوتنی لە سوریا، بە ماوەیەکی کەم توانی موسڵ و چەندین شار و شارۆچکەی دیکەی عیراق و هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوەو مەترسیەکی گەورەیشی بۆ سەر هەولێری پایتەخت دروستکرد، کە ناچار بووین بە هەمووومان وەڵامی بدەینەوە. داعش قەتلوعامی خوشك و برا ئێزدییەکانی کردین و بە هەزارانی لێ کوشتن و بە هەزاران ژن و منداڵیشی لێ بردن و شنگالیشی داگیرکرد. مەبەستی داعش تەنها شنگال و ئێزدی و کاکەیی و شەبەك و ئەوانی دیکە نەبوو، بەڵکو مەبەستی قەتلوعامی کورد و کۆتاییهێنان بوو بە حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوە پارێزگاری لە خاکی کوردستان و تێکشکاندنی داعش بوە ئەولەویاتی کارەکانمان.

قەیرانی دارایی بە برسیکردن، داعشیش بە ترساندن و تۆقاندن و تیرۆر، رەوشێکی زۆر دژواریان لە هەرێمی کوردستان هێنابوە ئاراوە، کە ئایندەی حکومەتی هەرێم و داهاتوی هەرێمی کوردستان و تەواوی حزبەکانی خستبوە ژێر پرسیارەوە، لەو ماوەیەشدا کاری لەپێشینەمان بەرگری کردن لە خاکی

کوردستان و ئەرکی سەرشانمان دابینکردنی ئەمن و ئاسایش و  چاککردنی بژێوی هاووڵاتیان بوو، کە دوو کۆڵەکەی سەرەکیی هێنانە کایەی دیموکراسین، چونکە تیرۆر و ترس و تۆقاندنی داعش دڵەراوکێ و قەلەقی دروست دەکرد و دڵنیایی سایکۆلۆجیی تاك و کۆمەڵگای تێکدەدا، برسیکردنیش کۆمەڵگای بەرەو لەڕێلادان و ئینحیراف و تاوان دەبرد.

***

**هۆکارە ناوخۆییەکانی درەنگ کەوتنی بەستنی کۆنگرە**

*نەخۆشکەوتنی جەنابی مام جەلال لە ساڵی ٢٠١٢ و  درێژەکێشانی نەخۆشییەکەی.

*دوای ماڵئاواییکردنی جەنابی مامیش، کۆك نەبوونی ناوخۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لەسەر کات و شوێنی بەستنی کۆنگرە هۆکاری درەنگ کەوتنی بەستنی کۆنگرەن. درزکەوتنە نێو ریزەکانی یەکێتی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە هۆی لێك تێنەگەیشتنی نێوان جەمسەرەکانی یەکێتی، دواجار ناوەندی بڕیاری لێکەوتەوە، بەڵام دواتر هەمووی لە ژێر چەتری یەکێتیدا بە سەرپەرشتیی جیگری سکرتێری گشتی گەیشتنەوە یەك.

لەو روانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەم کۆنگرەیەمان، کۆنگرەی چەسپاندنی یەکێتییە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، یەکخستنی تەواوی هەوڵەکانە بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی تۆکمە و پەیڕەوی ناوخۆیەکی هاوچەرخ بۆ درێژەدان بە رۆڵی پێشەنگانەی یەکێتی لە هەموو بوارەکاندا. هەروەها کۆنگرەی خۆنوێکردنەوەیە لە سیما و سەرکردایەتیدا، لە شێوە و ناوەڕۆکدا، لە سیاسەت و تاکتیکدا، کە بەبێ ئەوانە لە قالبێکی کۆندا قەتیس دەخۆینەوە و لە رەوتی ژیان و گۆڕان




و پێشکەوتن و گەشەسەندن دوور دەکەوینەوە، چونکە هەڵە و کەموکورتییەکانی چەند ساڵی رابردووی کۆڕی خزمەتکردن و پێشەنگایەتی کردن، تەپوتۆزی بە یەکێتییەوە لکاندوە، لەبەر ئەوە پێویستمان بە خۆتەکاندنە لەو تەپوتۆزانە، بۆ گەیشتنە ئاستی وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی قۆناغەکە لە روی بەرنامەو پێشڕەوایەتیدا.

***

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ماوەی نێوان کۆنگرەی سێیەمی ٢٠١٠ تا ئەم گۆنگرەیەمان، لە ناوەوە و دەرەوەیدا دووچاری چەندین تەحەدیات و گۆڕانکاری و هەلومەرجی دژواری کوردستانی و عیراقی و ئیقلیمی بۆتەوە. نەخۆشکەوتنی جەنابی مامجەلال وەك سکرتێری گشتی بۆشاییەکی گەورەی لە ناو یەکێتیدا

هێنایە کایەوە، وەك سەمامی  ئەمانی عیراقیش بۆشاییەکی گەورەی لە هەلومەرجێکی  دژواردا لە سەرۆکایەتیی کۆماری عیراقدا دروست کرد، کە هەمیشە چەتری کۆکەرەوەی عیراقییەکان بوو بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆ ئاشورییەوە، وەك هەوێنی یەکڕیزیی هەرێمی کوردستان و تەبایی نێوان لایەنەکانیش بوو بۆ سەرخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خەمێکی گەورەی بوو. بە هۆی کێشەکانەوە، زیان بە پرۆسەی سیاسی و دامەزراوەیی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم گەیشت. مام وەك تیۆریسیان و دۆزەرەوەی ڕێگای  پێکەوەژیانی گەلانی ناوچەکەیش بوو چونکە مام هەمیشە ئەندازیاری چۆنیەتی پێکەوەژیانی کورد و عەرەب و کورد و تورك و کورد و فارس بوو، لە عیراق و لە تورکیا و لە ئێران. ئەو لەو بڕوایەدا بوو  کە پێویستە کورد هەمیشە هەوێنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە بێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەوێنی ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری بێت ، نەك هەوێنی جەنگ و ئاژاوەو ناسەقامگیری.  هەوڵەکانی ناوبژیوانیی چارەسەری کێشەی کورد لە گەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر شایەدیی ئەمەی بۆ دەدەن. لەدەستدانی جەنابی مام جەلال لە ٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ زیانێکی زۆر گەورە بوو، بۆ کورد و کوردستان ، بۆ عیراق و بۆ تەواوی گەلانی ناوچەکە. بە وەفاتی جەنابی مام جەلال یەکێتی باوکێکی دامەزرێنەر و سکرتێرێك و کوردستان پێشەوایەك و عیراق سەرۆکێك و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕێبەرێك و سۆسیال ئینتەرناسیونال، ئایکونێکی ئینتەرناسیونالیستی دوو جار هەڵبژێردراوی بۆ جێگری سکرتێری گشتیی بزووتنەوەکە لەدەستدا.  دوای وەفاتیشی هەموو ئەو ڕۆڵ و  ئەرکە قورسانەی خستە سەرشانی هەڤالانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و جیگرانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان.

وەفاتی مام لەو بارودۆخە ململانێ ئامێزەی دووچاری یەکێتی ببۆوە لە ناوخۆ و لە دەرەوەدا بۆشاییەکەی گەورەتر و ئەرکەکانی قورستتر کرد و  لەبەر ئەوەی مام باوکی چارەسەرکەری کێشە خێزانییە ناوخۆکانی یەکێتی  بوو، بۆیە یەکێك لە لێکەوتەکانی وەفاتکردنی لەو ڕووەوە یەکێتیی دووچاری هەلومەرجێکی ناوخۆیی نەخوازراو کردەوە لە ڕوی ئیستقتاب و کێشمەکێشەوە، کە بوە هۆی دروستبوونی ناوەندی بڕیار و دواتریش دامەزراندنی «هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری»  بەڵام دواجار بە هەوڵی هەموو خەمخۆران توانرا ئەو دابڕان و لەیەکترازانانە نەهێڵدرێن و ریزەکانی یەکێتی یەك بخرێنەوە و لە کەسایەتی و لە پرۆسەی دانانی سەرکۆماری عیراقدا کە بە هەڵبژاردن بوو، نەك بە تەوافوق، بکرێتە سیمبولی بەهێزی و سەرکەوتنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان. پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری عیراق لە ئاستی کوردستان ئەوەی دەرخست کە ئەگەر یەکێتی لە ناوخۆیدا تەبا بێت، هیچ لایەنێك ناتوانێت شان لە شانی بدات. لەئاستی عیراقیش ئەوەی دەرخست کە جێی متمانە و ڕێزی هێزە نیشتمانپەروەر  و چەپ و دیموکراتەکانە.

یەکێك لە ڕوداوە ناوخۆییەکانی یەکێتی، دەرچوونی ڕەحمەتی کاك نوشیروان مستەفا و کۆمەڵێك هاوڕێی دیکەمان بوو لە یەکێتی کە دواتر بزووتنەوەی گۆڕانیان دروستکرد. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سۆنگەی بڕوابوون بە

دیموکراسی و ئازادی و گوزارشت کردن لە خۆ، ئەو مەسەلەیەی زۆر بە سروشتی وەرگرت و هاوچەرخانە جولایەوەو بەرژەوەندیی نیشتیمانی و نەتەوەیی و پێکەوە ژیانی خستە سەروی بەرژەوەندیی حزبیەوە و هەولێدا پەیوەندییەکی باش لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان دروست بکات، هەر بۆ ئەوەیش ڕێککەوتننامەی دەباشانی لە سەردەمی نەخۆشیەکەی جەنابی مام جەلالدا لەگەڵ گۆڕان ئیمزا کرد، بەڵام بە داخەوە بە هۆی کورتبینیی هەندێك هاوڕێیانمان لە مەکتەبی سیاسی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرا و هەڵوەشایەوە، ئەمەیش زیانێکی زۆری بە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بە خودی یەکێتی گەیاند، کە بەردەوام ئامانجی نزیکبوونەوە و گەیاندنەوەی یەکێتی و گۆڕان و کۆکردنەوەیان بوە لە ژێر یەك چەتردا.

هەرچەند ڕووداوی چوونە دەرەوەی هەندێك لە هاوڕێیانمان لە ڕیزەکانی یەکێتی، وەکو ئەو دوو نمونەیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، کردار و ڕووداوێکی نەخوازراوەو مایەی ناخۆشییە، بەڵام هەڵوێستی دڵفراوانانەی یەکێتی و هەڤالانی بە قەبولکردنی دامەزراندنی حزبی تر لە لایەن ئەو هەڤالانەوە نیشانەی باوەڕبوونی پراکتیکیانەی یەکێتیەکەمانە بە پرەنسیپی دیموکراسی و ئازادیی ڕادەربڕین لە ناوخۆدا، ئەمەیش لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و لە ناو حزب و ڕێکخراوی کوردیدا پێشتر ڕێگەپێنەدراو بوە، بۆیە یەکێتی لەمەیشدا وەکو بوارەکانی دیکەی ژیانی حزبایەتی ڕچەشکێن بوە و ڕێگای توندوتیژیی دژ بەو جیابوونەوە

و حزب دروستکردنانە نەگرتۆتە بەر. دیارە ئەم هەڵوێستەی یەکێتیش ئەگەرچی ڕەنگە باجی زۆری لەسەر دابێت، بەڵام لە ڕوی ژیانی سیاسییەوە کرانەوەی لە ژیانی حزبایەتی هێناوەتە ئاراوە، بواری بۆ ژیانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕەخساندوەو نەیخنکاندوە. لەبەر ئەوەیش ناوچەی سەوز ناوچەی دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن بووە و لەسەر ئەم بنەمایەش ناوچەی پێکەوەژیانی حزبە جیاجیاکان بوە.

لەو ماوەیەدا، بە تایبەتی دوای وەفاتی جەنابی مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتی، کێشەی حزبایەتیمان لە ناوخۆدا هەبوە و ئەو کێشانە هەڵبەزو دابەزیان کردوە، بەڵام توانیومانە بە هیممەتی هەموو لایەك بە هاوبەشی، ناکۆکی و لەیەکتر نەگەیشتنەکان چارەسەر بکەین و نەهێڵین تەشەنە بسەنن. ئەم کێشانە کە مۆرکی کوتلەچیاتی و باڵ باڵێنەی تا ئاستێك لە پرۆسەی کاری حزبایەتیی ناو یەکێتی داوەو تەنانەت کاریگەریی سلبیانەی تا ئاستێك بەسەر کاروباری حکومەت و پەرلەمانیشەوە هەبوە، توانراوە زیانەکانیان ئیحتیوا بکرێن و موراهەناتی ناحەزان و ئەملاو ئەولا لە بێ کاریگەرکردنی یەکێتی فەشەل پێ بهێنرێت. کێشەی جیابوونەوەی گۆڕان لە دەرەوە و هەوڵی باڵ باڵێن و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی و ئیفلیجکردنی کاری حزبایەتی لە ناوخۆدا دوو کۆڵەکەی موراهەناتی ناحەزان بوون. بەڵام دواجار توانرا بە هەوڵی جێگری سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتی و دڵسۆزیی کادرانی یەکێتی و پەرۆشیی قاعیدە بەوەفاو هوشیارەکەی، ئەم هەوڵ و موراهەناتانە لە گۆڕ بنرێن.

ڕۆڵی ئیجابیانەی بنەماڵەی شەهیدان و کادر و پێشمەرگە و کەمئەندامانی سەنگەر و تەواوی ئۆرگانەکان و جەماوەری بە شەرەفی کۆمەڵانی

خەڵکی کوردستان و کوردەواریی نیشتیمانپەروەری گەلەکەمان زۆر گەورە و هێز و تینبەخش بوون بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکی و لەیەکتر نەگەیشتنەکان و هەڵوەشاندنەوەی موراهەناتەکان.

***

**پەیوەندیەکانمان لە نێوان ٢٠١٠ - ٢٠١٩**

١- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەمیشە بایەخێکی گەورەی بە پەیوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانی و دیپۆماسیەکان داوە. لە ئاستی پەیوەندییە نەتەوەییەکاندا هەوڵی داوە یەکڕیزیی حزب و لایەنە کوردستانییەکان بپارێزێت و بەردەوام کۆکەرەوەی هەموان بوە.

نێوانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخێکی تایبەتی هەیە، سەرەڕای خراپ لەیەك حاڵیبوونەکانی دوای ریفراندۆم و ١٦ی ئۆکتۆبەر و لێکەوتەکانی و جێبەجێنەکردنی هەندێك لە بڕگەکانی رێککەوتنی نێوانمان سەبارەت بە کەرکوك. دەبێت بە پەرۆشەوە زۆر بە جیددی و دڵسۆزییەوە ئەو پەیوەندییانە بپارێزین و گەشەیان پێ بدەین . پێویستە بەردەوام لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان بواری دوورکەوتنەوەی یەکێتی و پارتی لە یەکتر و بواری گرژ بوونی پەیوەندییەکان نەدەین، چونکە هەردووکیان دوو کۆڵەکەی گەورەی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و دامودەزگاکانی دیکەی بەڕێوەبردن و خزمەتگوزارین و جەماوەرێکی زۆر و هێزی پێشمەرگە و چەکداری خۆیان هەیە، بەرپرسی ئەمن و ئاسایش و ژیان و خزمەتگوزاریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن و هەر جۆرە ناکۆکی و ناتەباییەك لە نێوان ئەو دوو لایەنە سەرەکییەدا ریسەکەمان لێ دەکاتەوە بە خوری و دەسکەوتەکانی راپەرین و ئایندەی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە.

*نێوانی یەکێتیی و گۆڕان، سەرەڕای سەرنەگرتنی رێککەوتننامەی دەباشان، لە ئاستێکی باشدایە و رۆژ بە رۆژیش پتەوتر دەبێت. هەروەها پەیوەندییەکانمان لە گەڵ برایانی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی زۆر باشە.

*لەگەڵ برا تورکمان و کلدۆ ئاشورییەکانیشمان لەسەر بنەمای ماف و نەتەوەی جیاواز، نەك کەمە نەتەوە لە پەیوەندییەکانماندا هەڵسوکەوتمان کردوەو هەوڵی بەیاسایی کردنی مافەکانی ئەوانمان داوە لە پەرلەمانی کوردستان و لە بەشداری کردنیان لە تەواوی دامودەزگا تەشریعی و تەنفیزییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

*لەسەر ئاستی عیراق، پەیوەندییەکانی یەکێتی لەسەر بنەمای عیراقێکی دیموکراتی و کوردستانێکی فیدرال داڕێژراون، وەکو چۆن پێشتریش لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لەسەر ئەم دوو بنەمایە کارمان کردووە. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەمیشە هەڵگری ئاڵای برایەتیی کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە بوە لە چوارچێوەی عیراقداو هەوڵی هێنانە کایەی زەمینەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی لە نێوان موسڵمان و مەسیحی و سابیئەو کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە داوە، لە رێگای زامنکردنی ماف و ئەرکەکانی هەموان لە دەستوور و یاساکاندا، دوای سەردەمانێکی زۆری حوکمە دیکتاتۆریەکەی بەعسی سەدامی. هەر لەبەر ئەوەیش عیراقییەکان لە سەردەمی سەرکۆماریتیی مام جەلالدا مامیان بە سەمامی ئەمانی عیراق ناوزەد کرد.

*لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، نێوانمان لەگەڵ حزب و ڕێکخراوەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەسەر بنەمای پاراستنی تایبەتمەندیی ئەو پارچانە و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ پەیوەندییەکانمان گەشە پێداوە و تا بۆمان کراوە هاوکاریمان کردوون.

لەو ڕووەوە لەسەر ئاستی باکوری کوردستان،بەردەوام پشتیوانی خەباتی یاسایی و پەرلەمانیانەی هەدەپە بوین لە کوردستانی باکوور و چەندین جاریش هەوڵی ناوبژیوانیکردنی نێوان پەکەکە و کۆماری تورکیامان داوە، هەر لەبەر پشتیوانیشمان لە مافی ڕەوای کورد لە باکوری کوردستان حکومەتی تورکیا گەمارۆی جیاجیای خستۆتە سەر ناوچەی سەوز و لێپرسراوی پەیوەندیەکانیشی لە ئەنقەرە دەرکردووە. لە پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ پارتە سیاسییە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاواو باکوور بە ڕەچاوکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بنەمای ڕێزگرتن لە سنوور و دراوسێیەتی، هاوکات لە گەڵ هاوکاری کردنی هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی دراوە.

*بۆ خۆرئاوای کوردستانیش پەیوەندیمان لە گەڵ تەواوی لایەنە کوردییەکان باشە. لەو بارەیەوە دیارە یەکێتی پەیوەندییەکی دێرینی لە گەڵ پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی سوریا هەیە، هەروەها پەیوەندیمان لە گەڵ ئیدارەی خۆسەری دیموکراتیك و پارتی یەکێتیی دیموکراتی ( پەیەدە) باشە. لە شەڕی دژی داعشیش یارمەتی و هەماهەنگیی باشیشمان کردوون، تەنانەت پێشمەرگەی یەکێتی لە کوبانی شانبەشانی ئەوان شەڕی داعشی کرد و سەروماڵی هاووڵاتیانی پاراست.

٢- پەیوەندییە نیشتیمانییەکان، لەگەڵ حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عەرەبییەکان بە هەموو ڕەوتەکانیانەوە باشە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ رابردوو جۆرە لاوازییەکی بەخۆوە بینیوە، ئەویش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی کورسییەکانی یەکێتی لە پەرلەمانی عیراق و بێ کۆردینەیی ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ سەرکردایەتی حزب و وەفدەکانی یەکێتی کە سەردانی بەغدا دەکەن، هەروەها بۆ ڕەوشی یەکێتی لە هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ململانێ ئامێزی ناو یەکێتی. تا ئێستا پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ هێزە شیعیەکان بە شێوەیەکی گشتی باشە، بەڵام لە گەڵ هێز و لایەنە سوننییەکان زۆر گەشەکردوو نیە. دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەم پەیوەندییانە لە ئاستی عیراقدا بایەخێکی گەورەی هەیە بە تایبەتی لە ئێستادا، کە شەقامی عیراق دوای شکستهێنانی زۆربەی حکومەتەکانی پاش ڕوخانی ڕژێمی سەددام لە دابینکردنی ئاسایش و نان و خزمەتگوزاریی گشتی هاتوونەتە سەر شەقام و عیراق جۆرە شۆڕشێکی نان و ئازادی و شکۆمەندی بە خۆوە دەبینێت کە داوای مافە ڕەواکان دەکات.

٣- مەکتەبی پەیوەندییەکان، بریتیە لە ئۆرگانی بەرپرسیار لە ڕێکخستن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکان لە دەرەوەی وڵات.

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ سەرجەم پارتە سۆسیال دیموکرات و چەپەکان زۆر باشە. دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سەرۆك مام جەلال وەك جێگری ریکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیونال هەڵبژێردرا، ئەمڕۆ لە تەواوی کۆمیتەکانی سۆسیال ئینتەرناسیوناڵ نوێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەشداریی کارای هەیە. یەکێتی بەشدار بوە لە هەدوو کۆنگرەی سۆسیال ئینتەرناسونالی ٢٠١١ و ٢٠١٥.

ئێستا یەکێتی ئەندامی کارای رێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیونالە. لە پارتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا ئەندامی راوێژکارە. لە هاوپەیمانیی پێشکەوتنخواز ئەندامی کارا و دامەزرێنەری رێکخراوەکەیە. ئەندامی کارا و دامەزرێنەری رێکخراوی مونتەدای پارتە سۆسیال دیموکراتەکانە لە جیهانی عەرەب. ئەندامی کارای رێکخراوی یەکێتیی لاوانی سۆسیال دیموکراتەکانە لە جیهانی عەرەب.

لە ساڵی ٢٠١٢ لەسەر پێشنیاری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کۆمیتەی «پرسی کورد» لە رێکخراوی سۆسیال دیموکرات جێگیر کرا و یەکەم کۆبوونەوەیشی لە شاری سلێمانی رێکخست.

تا ئێستا چەندین کۆنگرە و کۆبوونەوەی گرنگی لاوانی سۆسیال دیموکراتەکان لە جیهان و کۆنگرەی پارتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا بە میوانداریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی بەڕێوە چوون.

لە لایەکی دیکە پەیوەندیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە گەڵ پارتە سەوزەکانی ئەوروپا زۆر باشە، هەروەها لەگەڵ پارتە چەپەکانی ئەوروپایش پەیوەندیمان زۆر باشە و کاری هاوبەشیان لەگەڵ دەکرێت لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی نوێنەرایەتیی یەکێتی هەیە.

بەڵام پەیوەندیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بەگشتی لاوازە و نوێنەرایەتیمان تەنها لە لوبنان و میسر هەیە، بەڵام پێویستیان بە پێداچوونەوەو بەهێزکردن هەیە.

***

## هێزی پێشمەرگە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٩

هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێ و داینەمۆی بەردەوامی شۆڕش بوە، سەرکەوتن و شکستی شۆڕش هەمیشە پەیوەست بە سەرکەوتن و شکستی هێزەکەیەتی کە هێزی پێشمەرگەیە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوای یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رویەکی گەشی برایەتی و هەماهەنگی بوە، بە تایبەتی لە سەنگەرەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان. هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ناو هێزەکانی (٧٠) رێك خراوە خاوەن بیروباوەڕ و دیسپلینی سەربازییە، لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی داعشدا لە ناوجەرگەی شەڕو پێکدادانداا لە روی رێکخستن و چۆنایەتییەوە گەشەیەکی باشی کردوە و مایەی ستایشی جەماوەری کوردستان و یەکێتی و جێگەی سەرنجی دۆست و دوژمنان بووە، بە جۆرێك کە هەمیشە وەکو هێزێکی ناوازەو گیانفیدا ناسراوە و رێزی لێ گیراوە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە دەبێت هەمیشە بە شانازییەوە باسی رۆڵی ئەم هێزە بکرێت لە پەرۆشیی بۆ پاراستنی یەکێتیی ناو یەکێتی و ستایشی ئەو رۆڵە بکرێت کە لە گرژی و کێشە و گرفتەکانی ناوخۆی یەکێتیدا بێلایەنیی خۆی پاراستوە.

وەزارەتـی پێشمەرگە لـە دوای هەوڵەکانی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ساڵی ٢٠٠٩ وە تا ئێستا، ١٤ لیوای یەکگرتوی لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە ڕێك خستۆتەوە، کە هاوبەشن لـە نێـوان یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە زیاتر لە ٢١ هـەزار پێشمەرگە و پلەدار و ئەفسەرن. نیوەی ئەم ژمارەیە سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

کاتێك لە حوزەیرانی ٢٠١٤ داعش پەلاماری موسڵی دا و داگیری کرد و سوپای عیراق تووشی شکست بوو، هێزی پێشمەرگە کەوتە خۆو توانی بەر بە تیرۆریستان بگرێت تا پێشڕەوەی بەرەو هەرێم نەکەن. قورسترین شەڕ لە سنوورەکانی میحوەری ١ و ٢ بوو، بەتایبەتی لە ئازادکردنەوەی گوڵاڵە، کە هیچ پشتیوانییەکی هێزی هاوپەیمانان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا نەبوو، توانرا لە مـاوەی ٦ مـانـگ جـەنـگ، بـە خوێنی پێشمەرگەکانی یەکێتی ئازاد بکرێتەوە. پاشان میحوەرەکانی ٣ی دووزخورماتوو، میحوەری داقوق، میحوەری ٤ی کەرکوك، هەروەها هێزی یەکەکانی ٧٠ کە لە میحوەری ٥ و لیواکانی ١١٠ و ١١١و ١١٢ لە میحوەرەکانی ٧ و ٨ جێگە دەستیان دیار بووەو بە سەدان ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە و خۆبەخش گیانی خۆیان بەخت کرد و بە هەزارانیش بریندار بوون.

بە هۆی ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە مەشق و ڕاهێنانی لەسەر ئەو جۆرە شەڕانەی تیرۆریستانی داعش نەکردبوو، چەك و تەقەمەنیش زۆر کەم بوو، لە سەرەتای شەڕەکاندا قوربانیی زۆر درا. بە پێی ڕاپۆرتی فەرماندەیی هێزەکانی ( ٧٠ ) سەرجەم زیانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە شەڕی داعشدا ١٠٤٧ شەهید و ٣٢٦٠ بریندارە.

جێی باسە بەشداریکردنی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان لـە شـەڕی دژی داعـش لـە کۆبانی لاپـەڕەیـەکـی گـەشی دووبـارەکـردنـەوەی هاوخەباتیی یەکێتییە وەکو پرنسیپێك لە خۆرئاوای کوردستان.

جێی باسە ئەگەر ئیمکانیاتی باشتر و جۆرێك دادپـەروەری لە دابینکردنی چەك و تەقەمەنی و پێداویستیی لۆجیستیکی لە نێوان هـەردوو سنوورەکەدا هەبوایە و گوزەرانی پێشمەرگە باشتر بکرایە، بە دڵنیاییەوە ئەنجامی باشتر دەهاتە دی.

لایەنی سلبی کە ئەمڕۆیش کاریگەریی لەسەر هێزی پێشمەرگە دروستکردوە، دەتوانرێت بگوترێت کـارەسـاتـی ١٦ ئـۆکـتـۆبـەرە. دەرەنـجـامـەکـانـی ریفراندۆم کاریگەریی نەرێنییان لەسەر دەروونی ئـەم هـێـزە دروسـت کـردوە، میدیای نەیارانیش کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر هێزی پێشمەرگە دروست کـردووە. قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی موچەیش دیسان گورزێکی دیکە بوو لە هەست و بـاری دەروونـی و ورەی هێزی پێشمەرگە. بێگومان کێشە ناوخۆییەکانیشمان کاریگەریی خراپیان کردۆتە سەر هێزەکانمان.

***

### هێزی پێشمەرگەی ژنان

دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی ژنان لە ساڵی ١٩٩٦ هەنگاوێکی گرنگی نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی بوو. بۆ یەکێتی هەنگاوێکی کەم وێنە و بۆ ژنانی کوردیش زۆر گرنگ بوو، تا شان بە شانی پیاوان بەشداریی خەباتی چەکداری بکەن. ژنان شان بە شانی پیاوان بەشداری کارای شۆڕش و ئەندامی چالاکی ڕێکخستنەکانمان

بوون لە ناو شاردا و سەختیی و دژواریی خەبات و رووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەتی بەعس و دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگایان چەشتوە.

هێزی پێشمەرگەی ژنان لە دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ بەشداریی کارای لە زۆربەی پرۆسە سەربازییەکاندا کردوە، بەتایبەتی لە پرۆسەی ئازادیی عیراقدا لە میحوەری کەرکوك و خانەقین و چەند شوێنێکی دیکەدا و دوو پێشمەرگەیشیان بریندار بوو. لە جەنگی داعشدا لە میحوەری کەرکوك، خانەقین و جەلەولا و موسڵ و چەندین میحوەری دیکەدا هێزەکە بەشدار بووە. لە بواری سیاسی و لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا هێزەکە رۆڵی گێڕاوە. بەڵام بە داخەوە ئێستا پاشەکشەیەکی گەورە بە خۆوە دەبینێت و ئەم هێزە پارچە پارچە بوە و پێویستی بە هاوکاری و دووبارە رێکخستنەوەیە.

***

## مەکتەبی رێکخستن لە سالانی ٢٠١٠ – ٢٠١٩

لە روی ئۆرگانەوە مەکتەبی رێکخستن خاوەنی ١٥ مەڵبەند و ١ ناوەندی رێکخستنی دەرەوە و ٢ بازنەی رێکخستن لە حەمرین و قەرەچوغ و ٢٨٤ کۆمیتەیە. مەکتەب رێکخستن بە هۆی قەیرانی داراییەوە وەکو مەکتەبەکانی دیکەی یەکێتیمان دووچاری تەنگوچەڵەمە بۆتەوە، لەبەر ئەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین بارەگای داخستوە و چەندین کۆمیتەی کەمکردۆتەوە. سەرەڕای چەندین کێشەی ناوخۆیی و دەرەکی، کە کاریگەریی سلبیان لەسەر بواری رێکخستن هەبوە. کێشەی ئابووری زیاتر لە هەموان کاریگەریی چەندایەتیی و چۆنایەتیی لە بواری ژیانی حزبی و رێکخراوەیی هەبوە.

دیارە مەکتەبی رێکخستن بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بەرزترین دەسەڵاتی رێکخستنە و ئەرکی، بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی رێکخستن و دانانی نەخشەی گشتیی رێکخستنە.

جێی باسە کە هۆکاری سەرەکیی لاوازبوونی رێکخستنەکانمان بە پلەی یەکەم پێشێلکردنی هاوکێشەی ماف و ئەرکە، کە لە ژیانی حزبایەتیدا زۆر گرنگە. دەبێت هەیکەلی مەڵبەندەکانی رێکخستن رێك بخرێتەوە، بە جۆرێك کە ریزەکانی رێکخستنەکان پتەوتر و پەیوەندییەکان فراوانتر بکرێن، بە لەبەرچاوگرتنی باری کۆمەڵایەتیی ئەو شوێنانە. دید و بۆچوونی هەڤالان ریزی لێ بگیرێت و هەڵبسەنگێنرێت بۆ پتەوکردن و پێشخستنی رێکخستنەکان.رێکخستنەوەی پلە و پایەکان بە مەبەستی جێگیرکردنی باشترینیان.

ئەوەی مایەی سەرنج و پێداچوونەوەی بەپەلەیە، زەرورەتی ئاوێتەبوونەوەی رێکخستنەکانمان و جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هەڵقولاوی نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و هەردوولا بۆ یەکتر وەکو ماسی و ئاون. لە مێژوویدا هەر وابوە. لاوازبوونی پەیوەندیی نێوان مەڵبەندەکان و جەماوەر دابڕانێك دروستدەکات کە بە زیانی یەکێتی تەواو دەبێت و لایەنگرانمان لێی دوور دەکەونەوە. سیفەتە خاکییەکانی یەکێتی وەکو خاکی بوون، راستگۆیی، خزمەتکردن، بەدەنگەوە چوونی کێشەکانی خەڵك و خزمەتکردنیان، دەست و دەم و داوێن پاکی، ئەمانە هەمووی هۆکارەکانی پتەوبوونی پەیوەندیەکانمان بوون لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. لە ماوەی رابردوودا تا ئاستێکی زۆر، کاڵبوونەوەی ئەو تایبەتمەندییەی هەڤاڵی یەکێتی لە ناو کۆڕی

خەبات و تێکۆشاندا دەبینرێت. رەخنە و گازاندەکانی خەڵك لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشێکی زۆری پەیوەندییان بە گەندەڵی و کەموکورتیی وەزارەتەکانی حکومەت و دابین نەکردنی وەك پێویستی مافە سەرەتاییەکانی خزمەتگوزارییەوە هەیە، کە ئەرکی حکومەتن بەرامبەر بە خەڵك. جێبەجێنەکردنیان خراپ بەسەر یەکێتیدا شکاوتەوە.

***

## مەکتەبی هەڵبژاردن لە ٢٠١٠- ٢٠١٩

لەو ماوەیەدا دەزگای هەڵبژاردن جگە لە سەرپەرشتی کردنی هەردوو هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عیراق، سەرجەم پێداویستییەکانی هەڵبژاردنەکانی دابینکردوە، هەروەها خولی پێگەیاندن و شارەزابوونی لە هەڵبژاردن و چۆنیەتیی بەدەستهێنانی دەنگ و شیکاری ئەنجامەکان کردۆتەوە.

لە کۆنگرەی سێهەمەوە تا ئەمرۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دوو هەڵبژاردنی عیراق و هەرێمی کوردستان بەشداریی کردوە. بە پێی ئامارەکان دیارە لە هەردوو هەڵبژاردنی عیراق و هەرێمی کوردستان رێژەی دەنگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان زۆر کەمی کردوە، لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا ١٥٨٨١٦ دەنگ کەم کراوە. لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیش ٣٠٥٨٨ دەنگ کەمی کردوە.

بێگومان ئەم دابەزینە لە رێژەی دەنگدان لە هەردو و هەڵبژاردنەکەدا فاکتەری خۆیی و بابەتیی خۆی هەیە و دەبێت باش هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت، کە دواجار دەبێتە مایەی بەخۆداچوونەوەیەکی گرنگ بۆ یەکێتی ، چونکە ئەگەر هۆکارە راستەقینەکانی کەمکردنی دەنگەکانمان ئازایانە دەست نیشان نەکەین و دەست لەسەر برینەکانی ناوخۆ دانەنێین، ئەوە ناتوانین چارەسەریان بکەین. دیارە هەردوو فاکتەرەکە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵام ئەوەی کە زیاتر سەرچاوەی کەمکردنی دەنگەکانە فاکتەرە خۆییەکانە، کە خۆی لە بواری ئابووری وخزمەتگوزاری و ئاسایش و بواری حکومی و حزبیدا دەبینێتەوە.

***

## دارایی و ئیدارەی گشتی لە ساڵانی ٢٠١٠- ٢٠١٩

بارودۆخی دارایی یەکێتی لە ٩ ساڵی رابردوودا واتە لە کۆنگرەی سێیەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ چەندین گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر داهاتوە. تا ساڵی ٢٠١٠ سەرچاوەی دارایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بریتی بوو لە بودجەی حزب لە حکومەت، سکرتاریەتی سەرۆك مام جەلال، گروپی کۆمپانیاکانی نۆکان. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ دا بودجەی حزب بۆ ٦٠٪ کەمکرایەوە و لە ساڵی٢٠١٣ دا بودجەی حزب لە حکومەت بە تەواوی بڕدرا. ساڵی ٢٠١٤ بۆ دوایین جار سکرتاریەتی سەرۆك مام جەلال پارەی بۆ مەکتەبی دارایی دابین کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا سەرچاوەی دارایی یەکێتی تەنها گروپی کۆمپانیاکانی نۆکانە.

دوای کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی دارایی بە مەبەستی رێکخستنەوەی دارایی یەکێتی، بە بڕیاری ژمارە (٧٨- ب / ك) ی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی لە رێکەوتی ٢٣ی ئەیلولی ٢٠١٤ لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوە و دیاریکردنی میلاکی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان پێکهات. ئەم لیژنەیە کە ئامانجی کەمکردنەوەی میلاکی یەکێتی بوو لە رێگای

لابردنی دوو مووچە و کارمەندی زیادە و داخستنی بارەگای زیادە، توانی هەندێ ئەنجام بەدەست بێنێ. لە ئەنجامدا (٣٧٩٧) کارمەندی کەمکردەوە، بەمەیش ٦٠٠ هەزار دۆلار مانگانە بۆ خەزێنەی یەکێتی گەڕێنرایەوە. بەم شێوەیە مانگانە مووچەی کارمەندان و کادیران ڕێکخرایەوە بۆ سێ ملیۆن دۆلار. ئێستایش بە پێی ڕاپۆرتی دارایی و ئیدارەی گشتی، مووچەی مانگێکی مووچەخۆرانی یەکێتی نزیکبۆتەوە لە ٤ ملیۆن دۆلار.

گروپی کۆمپانیاکانی نۆکان کە ئێستا تاکە سەرچاوەی دارایی و داهاتی یەکێتییە،پێکدێت لە سێزدە بەش و لە بوارەکانی خزمەتگوزاری نەوتی، بازرگانیی نەوت، بازرگانیی جگەرە، ئەندازیاری، کارگە، تیلیکۆمینیکەیشن، مولکایەتی، هێڵی ئاسمانی و گواستنەوە، ئاوو کارەبا، دارایی و دڵنیایی، کشتوکاڵی، ئامێر و ئۆتۆمۆبیل و سیکیوریتی ...... هتد کاردەکات.

مەکتەبی دارایی سەرەڕای پێداچوونەوەو کەمکردنەوەی ژمارەی مووچەخۆرانی حزب، لەم ساڵانەی دواییدا لەبەر کەمبوونەوەی سەرچاوەی دارایی، نەیتوانیوە مووچەی چەندین مانگی کارمەندان لە مەکتەب و ئۆرگانە جیاوازەکان سەرف بکات.

***

## راگەیاندن لە ساڵانی ٢٠١٠- ٢٠١٩

مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، سەرپەرشتیی چەندین کەناڵی بینراوو بیستراوو نووسراو دەکات، گرنگترینیان ئەمانەن:

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ

سەرەڕای دژوارییە سیاسی و داراییەکانی ماوەی نێوان ٢٠١١ – ٢٠١٩، کوردستانی نوێ توانی بەردەوام بێت و خۆیشی بگونجێنێت لەگەڵ تەنگژەی دارایی هەرێم و ناوچەی سەوز. هەروەها بەردەوامیش بوە لە دەرکردنی پاشکۆکانی هەفتانەی و لە ساڵی ٢٠١٦ وە ژمارەی هەینی زیاد کراوە. ژووری سۆسیال میدیا و وێبی کوردستانی نوێ دروستکراوە، کە وەکو تەلەفزیۆنێکی هەواڵی و راپۆرتی سۆسیال میدیا لەگەڵ رۆژنامە کاغەزییەکە خزمەت دەکات. ساڵۆنی کوردستانی نوێ لە ٢٠١٧ وە وەکو سەکۆیەکی بەستنی کۆڕی سیاسی و رۆشنبیری دەست بەکار بوە. لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك کتێب و بەرهەمی سیاسی و رۆشنبیری و مێژوویی و حزبیی چاپکردوە.

* کەناڵی گەلی کوردستان: ئەم سەتەلایتە لە ١ ی حوزەیرانی ٢٠١٠ وە تاکو ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩، نەوەد هەزار سەعات بەردەوام کاری کردوە، لە شەو و رۆژێکدا ١٨ سەعات هەواڵ و بەرنامە راستەخۆو تۆمارکراوی هەبوەو تەنها شەش سەعات دووبارە بوە.

هەر لەو ماوەیەدا وەکو کەناڵێکی حزبی، ساڵانە و مانگانە بەرنامە و راپۆرتی تایبەتی لەسەر گشت بۆنە و یادەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردوە، هەر لە یادەکانی دامەزراندنەوە تاوەکو دەگەیتە یادی نەبەردی و سەروەری و داستانەکان و ساڵانەی شەهیدەکانی سەنگەر و زیندانیان.

هەروەها کار و چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیستی یەکێتیی لە پەرلەمانی عیراق و پەرلەمانی کوردستان رووماڵ کردووە و بایەخی بە بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی کوردو نەتەوەکانی دیکەی کوردستان داوە. لە هەڵبژاردنەکانیش سەکۆی بەرنامە و کاندیدەکانی

یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بوە. لە جەنگی داعشدا تیمەکانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون. کەمبوونەوەی دارایی و بودجەی کەناڵەکە کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی پەیامنێرەکانی دەرەوەی هەرێمی هەبوەو چەندین نوسینگەی لە تورکیاو چەند دەوڵەتێکی ئەوروپی داخراوە.

*رادیۆی گەلی کوردستان: دیارە ئەم رادیۆیە کە یەکەمین دەنگی شۆڕشی نویێ گەلەکەمان بوە و هەمووهان یادگاریی زۆرمان لە گەڵیدا هەیە، هەم لە روی گەیاندنی سەروەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە رۆژانی سەختی خەبات و تێکۆشاندا، هەم لە راپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری ساڵی ١٩٩١، هەمیش لە دامەزراندنی ئیدارەو حکومەتی خۆماڵییەوە تاوەکو ئەمڕۆ. ئەم رادیۆیە رۆژانە ٢٤ سەعات پەخشی هەیە، سەتەلایتە، بەرنامەکانی بە زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی پەخش دەکات، لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت.

*پی یو کەی میدیا: ئەم بەشە وەکو بەشی سەرەکیی دیجیتاڵ میدیاو زمانحاڵی یەکێتییە، پێکهاتوە لە بەشەکانی، کوردیی سۆرانی، بەشی کوردیی کرمانجی بە ئەلف و بێی لاتینی، بەشی عەرەبی، بەشی ئینگلیزی،بەشی روسی، بەشی وەرزش، بەشی سۆسیال میدیاو یوتیوب و چەند بەشێکی دیکە. چەند جارێك بە یەکەمی ریزبەندیی سایتە کوردییەکان دەرچوە. لە ساڵانی ٢٠١٣ — ٢٠١٦ ئاستێکی باشی هەبوە، بەڵام لەوە بەدواوە بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری تەکنیکی و هاککردنەوە، بەتایبەتی دوای داخستنی هەردوو بەشی تورکی و فارسی لە کزیی داوە.

* ئینساتی مەرکەزی: دیارە دوای داخستنی رۆژنامەی ئەلئیتیحاد، ئینسات وەکو تاکە بڵاوکراوەی رەسمیی زمانی عەرەبی مایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە رۆژانەیەکی شیکاری و کۆکراوەی گرنگترین رووداوی رۆژ لە ئاستی کوردستان و ناوچەکەو جیهان و گرنگترین توێژینەوەکان سەبارەت بە رووداوو گۆڕانکاری و پێشهاتەکان لە خۆدەگرێت. لە ماوەی ٢٠١٠ — ٢٠١١دا سەرجەم ٢٥٢٦ ژمارەی لێدەرچوە.

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەبواری راگەیاندندا وەکو بوارەکانی دیکە هەمیشە پێشەنگ بوە، بەڵام بە داخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەبەر قەیرانی دارایی و لەبەر کارکردنی رۆتینیانە لە کورتیی داوە، هیواداریین لەم کۆنگرەیەدا بە چڕوپڕی باس لە هۆکارەکانی پاشکەوتنی راگەیاندن بکرێت و چارەسەری گونجاویشیان بۆ بدۆزرێتەوە.

***

### ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

رێکخستنی ئەرشیف و دۆکۆمێنتکردنی مێژووی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، بایەخدان بە توێژینەوە و هزر و رۆشنبیریی هاوچەرخ و سازکردنی کۆڕ و کۆنفرانس، دەرکردنی گۆڤارێکی فکری و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی ناوبەناو دەربارەی رووداوەکانی ناوچەکەو جیهان ئەرکی ئەکادیمیاکەن. لەو روەوە لە ساڵانی ٢٠١١ — ٢٠١٩ ئەکادیمیا بەشێکی زۆری گۆڤارەکانی سەردەمی شۆڕشی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانی بە دۆکۆمێنت کردوە. لە ماوەی ٢٠١٣ — ٢٠١٦ سێ چاپی ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە. ئەکادیمیا لە ماوەی نێوان ٢٠١١- ٢٠١٩دا ،

سەرجەمی ٢٠٣ بڵاوکراوەی لە کتێب و گۆڤار و نامیلکە دەرکردوە.

ئەکادیمیا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠- ٢٠١٩ ، سیازدە راپۆرتی سەبارەت بە پرسەکانی هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و پێشهاتە جیاوازەکانی هەرێم و عیراق ئامادە کردوە بۆ مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی.

لە ماوەی ٢٠١٠ -٢٠١٩ دا ژمارەیەکی زۆر خولی بۆ کادیرەکان کردۆتەوە، ئەویش بەمجۆرە:

بۆردی پێگەیاندنی کادیران خولی بۆ ٢١٦٢ کادیر کردۆتەوە.

پەیمانگای کادیرانی قەڵاچوالان خولی بۆ ٦٥٣ کادیر کردۆتەوە.

پەیمانگای پەروەردەی مەدەنی خولی بۆ ٧٩٧ کادیر کردۆتەوە.

پەیمانگای کادیرانی هەولێر خولی بۆ ٦٢١ کادیر کردۆتەوە.

کۆی گشتیی بەشداربوانی خولەکان لە دوای کۆنگرەی سێیەمەوە ٤٢٣٣ کادیرە.

***

**مەکتەبی کۆمەڵایەتی ( ٢٠١٠-٢٠١٩)**

ئەرکی مەکتەبی کۆمەڵایەتی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بە مەرجی رەچاوکردنی چەسپاندنی حوکمی یاساو رێگرتن لە هەر جۆرە سەرپێچیکردنێکی یاسا. لەو ماوەیەدا مەکتەب سەرکەوتوو بووە لە چارەسەرکردنی ٢٧٥ کیشەی کوشتن، ٦٤٤ کێشەی خێزانی ، ٣٦٢ کیشەی زەویوزار ، ١٦٢ کێشەی موڵکداری ، ٢٤٣ کێشەی بازرگانی ، سەرباری ٦٥٢ کێشەی لاوەکی.

***

**مەکتەبی شەهیدان لە ساڵانی ٢٠١٠ — ٢٠١٩**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئەرکی مەکتەبی شەهیدان سەپەرشتیکردنی کاروباری پەیوەند بە شەهیدانە. ئەرکی، دابینکردنی مافەکانی شەهیدانە بە پێی ئەو یاسا و رێسایانەی کە لە دامودەزگاکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و حکومەت دیاری کراون. لەو چوارچێوەیەدا ، مەکتەبی شەهیدان توانیویەتی هەزاران کەس لە کەسوکاری شەهیدان لە سەرجەم سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بەسەر بکاتەوە و هاوکاریی ماددی و مەعنەوییان پێ بگەیەنێت، سەدان کوڕ و کچی شەهید مانگانە هاوکاری کراون تا رۆژی تەواوکردنی زانکۆو پەیمانگا لە رێگای مەکتەبی شەهیدانەوە. هەروەها مەکتەبی شەهیدان هەمیشە لە کاتی پێویست داکۆکیکار بوە لە ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان، بەردەوام لەو بارەیەوە لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە لە وەزارەتی شەهیدان و بەڕێوەبەرایەتییەکان کۆبۆتەوە.

جیی باسە لەسەر داوای مەکتەبی شەهیدان، ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە ساڵی ٢٠١٣ بابەتی دیاریکردنی رۆژێکی وەك رۆژی شەهیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاوتوێ کرد و دواتر بڕیار درا رۆژی ٢١ ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێك ببێ بە رۆژی شەهیدی حزب. هەروەها بەشیکیش لە مەڵبەندەکان بە ناوی بەشی شەهیدان کرایەوە بۆ گەیاندنی خواست و داواکانی کەسوکاری شەهیدان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

لەو ماوەیەدا مەکتەبی شەهیدان کە ئەرکێکی دیکەی گرنگی، تۆمارکردنی مێژوی خەباتی شەهیدانە، لە چەند بەرگێکدا ناوو زانیاریی سەبارەت بە شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ماوەی ١٩٧٦ — ٢٠١١ بڵاوکردۆتەوە و مەدالیای رێزلێنانی پێ بەخشیون.

بۆ زیاتر خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان پێشنیار دەکەین مەکتەبی شەهیدان پرۆژەی بەرهەمهێنانی خۆی هەبێت بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی کەسوکاری شەهیدان لە کاتی قەیرانی دارایی و ئابوریدا و لە لایەن نەوە و کەسوکاری شەهیدانەوە سەرپەرشتی بکرێت. هەروەها پێویستە کەسوکار و نەوەی سەربەرزی شەهیدان لەسەر میلاکی ئیدارەی گشتی و کۆمپانیای نۆکان دابمەزرێنرێن.

***

**مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان**

ئەرکی مەکتەبی ریکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان هەوڵدانە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراتیزەکردنی سیستەمی بەرێوەبردن. ئەم مەکتەبە چەترێکە بۆ رێکخراوە پیشەییەکان، رێکخراوە جەماوەرییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کاردەکات بۆ هوشیارکردنەوەی چین و توێژ و تاکەکانی کۆمەڵگاو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و رێزگرتن و پاپەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و هاندان و سەرخستنی سیستەمی نوێی خوێندن و پشتیوانیکردنی هونەر و بوارەکانی دیکەی رووناکبیری. هەروەها داکۆکی لە مافەکانی ژنان خوێندکاران و لاوان دەکات و کار بۆ سەروەریی یاسا و پاراستنی ژینگە دەکات.

مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان لە چەندین بۆردی پیشەیی، جەماوەری، پشتیوانی رێکخراوە ناحکومیەکان، ئۆفیسی ناوەندەکان، ناوەندی رۆشنگەری چاودێرو چەند بەشێکی دیکە پێکدێت. بۆردە پیشەییەکان ٦٧ رێکخراویان هەیە، بۆردە جەماوەرییەکان ( کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و رێکخراوی ئازادیی لاوان )، بۆردی رێکخراوە ناحکومییەکان، کە نزیکەی ١٩٩ رێکخراو دەبن. هەر یەك لەو بۆردانە لە ساڵی ٢٠١٠ وە تا ئەمڕۆ بە سەدان کار وچالاکییان کردوە.

*رێکخراوی ئازادیی لاوان، ئەندامی هەمیشەیی یەکێتیی لاوانی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵی جیهانە، ١٩ سەنتەر و٣٥ بنکەی لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا دامەزراندوە، هەزاران چالاکی و فیستیڤاڵی جۆراوجۆری هونەری و ئەدەبی و وەرزشیی لە سەر ئاستی هەرێم و کوردستان و عیراق رێکخستوە. ئەم رێکخراوە ٢٥٠٠٠ ئەندامی هەیە. لەبەر نەبوونی بودجەی مانگانە، لە ماوەی پێنج ساڵ و نیوی رابردوودا چالاکییەکانی راگرتووە، بەڵام بەشداریی کارای هەڵبژاردنی کردوە.

*کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ئەم کۆمەڵەیە کە لە ساڵی ١٩٧٦ دامەزراوە، ئێستا لە کوردستاندا ٢٤ لق و ٢٣٥ کۆمیتەو نوێنەرایەتیی هەیە، کە بەسەر پارێزگا، قەزا، ناحیە، کۆلێژ، سکوڵ و پەیمانگاو ئامادەییەکاندا دابەش بوە.

جگە لە ئەرکە نیشتیمانیەکان، ئەم رێکخراوە داکۆکیکاری سەرسەختی بەرژەوەندی و مافی خوێندکاران بوە. لە ماوەی نێوان کۆنگرەی سێهەم و چوارەمدا بە سەدان چالاکیی جۆراوجۆری

کردوە. بەڵام قەیرانی دارایی کاریگەریی خراپی کردۆتە سەر چالاکییەکانی. کادر و ئەندام و نوێنەرانی خۆبەخشانە کار و چالاکییان ئەنجام داوە. هەڵبەت خوێندکاران هەمیشە داینەمۆو وزەو توانای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوون، ئەمڕۆیش رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە هەموو بوارەکانی خەبات و تێکۆشاندا.

*یەکێتیی ژنانی کوردستان: رێکخراوێکی جەماوەریی دیموکراتی سەربەخۆیە بۆ هەموو ژنانی کوردستان بە بێ جیاوازیی نەتەوەو ئایین و بیروڕای سیاسی. خەبات دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانی و دیموکراتییەکانی گەلی کوردستان و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی کوردستان.

یەکێتیی ژنانی کوردستان چەندین پرۆژە یاسای پێشکەش بە سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان کردوە. هەروەها چەندین پرۆژە و بەشی خزمەتکردنی ژنانی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کردۆتەوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

بەشی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی کێشەی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە کە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و توێژەری کۆمەڵایەتی بەڕێوەی دەبەن. پرۆژەی لانەی ئارام، بۆ گرتنە خۆی ئەو ژنانەی توندوتیژییان لەسەرە. پرۆژەی جێژوانی خێزان ، کە تایبەتە بە دیتنی ئەو منالانەی کە دایك و باوکیان لێك جیا بوونەتەوە و بە رەسمی لە لایەن دادگای باری کەسێتییەوە دەنێردرێن. پرۆژەی سەنتەری راوێژکاری خێزان بۆ ئەو کوڕ و کچانەی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن. پرۆژەی نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی بۆ ئەو ژنانەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون، پرۆژەی مەڵبەندی راهێنان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی... هتد.

لە بواری هونەریدا تیپی کۆرسی تەوار یەکێکە لە پرۆژە هونەرییە بەرچاوەکان. تا ئێستا زیاتر لە ٣٠ کۆنسێرتی ئامادە کردوە و بەشداریی لە ٥٠ چالاکیدا کردوە.

یەکێتیی ژنانی کوردستان لە بواری رۆژنامەوانیدا رۆژنامەی ژیانەوە و گۆڤاری تەوار دەردەکات، جگە لە چاپکردنی دەیان کتێب و نامیلکە و چالاکیی دیکەی جۆراوجۆر.

***

## رەوشی سیاسیی ئەمڕۆی جیهان و گۆڕانکارییەکان

ئاشکرایە لای هەموان لە کاتێکدا ئێمە ئەم کۆنگرەیەمان دەبەستین، رەوش و ژینگەیەکی جیهانی و ئیقلیمی و ناوخۆیی پڕاوپڕ لە قەیران و ناسەقەمگیری باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، کە تێیدا پێکهاتە سەرەکییەکانی سیستەمی جیهانی لە هەڵوەشانەوە دان و ئاسایش لەسەر لێواری داڕمان و سنوورەکانی نێوان دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کاڵبوونەتەوە و دەوڵەتەکانیشی مەترسیی هەڵوەشانەوەی قەوارەیان لەسەرە. لەبەر ئەوە پەنابردنە بەر هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، نەك پەنابردنە بەر یاسای نێودەوڵەتی بۆتە دیاردەیەکی ئەم قۆناغە شێواوە. ئەمەیش بە گشتی ژینگەیەکی زۆر نائارام و ناسەقامگیری هێناوەتە ئاراوە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا خاکی سوریاو عێراق لە ژێر ناوی جەنگی داعش و تیرۆر، بوونە گۆڕەپانی سەرەکیی یەکلاییکردنەوەی ململانێ و کێشە و گرفتە کەڵەکەبوەکانی نێوان لایەنە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییە جیاجیاکان، بە جۆرێك

ئەگەر بایەخی ستراتیجی و جۆری کێشە و ئاستی توندوتیژیی ئەو کاراکتەرانە بهێنینە بەرچاو، ئەوە جەنگێکی بچوکی جیهانیی رانەگەیەنراوی تێدا دەخوێنرێتەوە.

قەیرانە هەمەڕەنگەکانی کە ئەمڕۆ جیهانیان گرتۆتەوە و رۆژ بە رۆژ گەورەتر دەبن و نەتەوە یەکگرتوەکانیش ناتوانێت چارەسەریێکیان بۆ بدۆزێتەوە، نیشانەی لاوازبوون و بەرەو کۆتا رۆیشتنی هەژموونی سیستەمی تاکجەمسەری و پەیدابوونی هەندێك هێزی دیکەی بڕیار بەدەستن لە گۆڕەپانی دەولی و ئیقلیمیدا.

لەو روەوە دوای راگەیاندنی کۆتایی هاتنی جەنگی داعش، گریمانەی ئەوە دەکرا ئەم جەنگە بچووکە جیهانییە بەپێی پێدراوەکان لەسەر گۆڕەپانی سوریاو عێراق گەورەتر بێت و بۆ ناو خاکی تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە بگوازرێتەوەو لە جەنگی وەکالەتەوە ببێتە جەنگی راستەوخۆی نێوان دەوڵەتانی ململانێکەر. لەو بارەیەشەوە رۆژانە ئاماژەی زۆر دەبینرێت لە لێدوان و کردەوەی سەربازیی لایەن و بەرە دژ بە یەکەکان لە گۆڕەپانە جیاجیاکانی سەربازی و سیاسی و ئابووریدا.

زۆربەی تیۆریسینان و بیرمەندان کۆکن لەسەر ئەو دیدەی کە سیستەمی جیهانی و ئیقلیمی لە هەڵوەشانەوە دایە. ئەمڕۆ جیهان لە کەسایەتیی ئەم جەنگ و ململانێ ناوخۆیی و دەرەکییانەی لە ناوچەکەماندا هەیە ژانی لەدایکبوونی سیستەمی تازەی دوای نەمانی تاکجەمسەری بەخۆوە دەبینێت، بەڵام نازانرێت ئایا کەی ئەم سیستەمە تازەیە لەدایك دەبێت و ئایا چەند جەمسەری دەبێت؟ ئایا زلهێزەکانی کێ دەبن؟

چاوەڕوان دەکرێت ئەو گۆڕانکارییانە لە ناوچەکەی ئێمەدا، نەخشەی جوگرافیی قەوارە و دەوڵەتە نەتەوەییەکانی پاشماوەی سایکس پیکۆ راماڵن و مۆدێلێکی دیکەی قەوارە بیننە کایەوە.لە داهاتویشدا زیاتر وەڵامی ئەو پرسیارانە لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستە دەبێت. لە سەد ساڵی رابردوودا مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی دروستکراو بە هۆی سایکس پیکۆوە، کارەساتێکی تراجیدیی گەورەی بە هۆی بیری شۆڤێنیزم و قەبوڵنەکردنی کوردەوە بەسەر گەلەکەماندا هێنا و چەندین جینۆساید و ئەنفالی لێکەوتەوە. ئەمڕۆیش جارێکی دیکە لە سەروبەندی هاتنە پێشی فرسەتێکی گەورە بۆ گەیشتنی کورد بە بنیاتنانی قەوارەیەکی سەقامگیر و تێپەڕاندنی قۆناغی قەتلوعام دوای تەواوبوونی جەنگی داعش - کە ئەو جەنگە کوردی زۆر بەهێز هێناوەتە سەر گۆڕەپانەکە- یەکەکانی دەوروبەرمان بە پرۆژەی جیاجیا هاتونەتە مەیدان و هەمویان هەوڵی ژیاندنەوەی خۆیان دەدەن.

ئاشکرایە، کە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دامەزراندن و هەڵوەشانەوەی هەر سیستەمێکی جیهانی بۆ دوو هۆکاری (رەوایەتی و هێز ) دەگەڕێتەوە. رەوایەتی سەرچاوە لە مەسەلە فکری و مەعنەوییەکان وەردەگرێت، هەر چی فاکتەری دوەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ هێز و دواتریش نەبوونی توانای گرتنە خۆی گۆڕانی پەیوەندییەکانی هێز. ئەمڕۆ لەهەردوو بوارەکەدا باڵادەستیی ئەمریکا لاواز بوە، هەم لە روی فکر و پرەنسیپەوە، کە لە شکستهێنانی بەجیهانیبون و کەمبوونەوەی رەواجی لیبرالیزم و لیبرالیزمی نوێدا کورتی دەکەینەوە، هەمیش لە روی دەرکەوتنی هێزی دیکەی دەرەوەی سیستەمەکە، وەك قوتبوونەوەی چین و روسیا و هەندێك دەوڵەتی دیکەی ئیقلیمی و

هێزی دیکەی نادەوڵەتی لە بەرامبەر ئەمریکادا، کە خەریکە کۆتایی بە تاکجەمسەرییەکەی بێنن.
سەرنەکەوتنی وەك پێویستی ئەمریکا لە عیراق و بەهاری عەرەبی، سیستەمی ئیقلیمیی باوی بنیاتنراو لەسەر مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو هەڵوەشانە برد، بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی تاکجەمسەریشی تێکوپێك دەدا . سەنتەری ئەم گۆڕانکارییانەیش گێژەنی بەهاری عەرەبییە کە بە لافاوەکەی دیکتاتۆریەتە چل ساڵییەکانی ناوچەکەی راماڵی.
رەوشی ناجێگیری، کە ئەمڕۆ ناوچەکەمان و تەواوی جیهان پێیدا تێپەڕ دەبیت، گێژاوێکی مێژووییە، کە تیایدا تەوافوقاتی فکری چرکەساتین، بەرژەوەندییەکان بۆ چەند کاتژمێرێك دەگەنە یەکتر، هاوپەیمانێتییەکان پەرش و بڵاو دەبنەوە. بەم پێیە رێککەوتنی کورتخایەنی شەوو رۆژیی نێوان دوو دەوڵەت و گفتوگۆی ناچاوەڕوانکراوی دوانی دیکەیش لەسەر شتێك، کە هەرگیز لە حساباتدا نەبوە، دەبنە ئەمری واقیع. ئەمانە دۆخی ناجێگیرن، کە هەڵدەکشێن و دادەکشێن و دووبارە دەبنەوە.

**بەهاری عەرەبی و رەوشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:**

نارەزاییە جەماوەرییە ملیۆنییەکان ساڵی ٢٠١١ لە تونس دەستیان پێکرد و دواتر میسر و لیبیا و سوریایان گرتەوە و ئەمڕۆ گەیشتۆنەتە سودان و جەزائیر و عیراق و لوبنان.
لەو روەوە ئێمە لە بەردەم پرۆسەیەکی گشتگیری بووژانەوەی شارستانیداین کە لە ئاستی گشتیدا سیستەمە ستەمکارەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و بیرو بۆچوونی ناشایستە و دژ بە مرۆڤ بنەبڕ دەکات، لە ئاستی تاك و کۆمەڵگایشدا کۆتایی بە تاکایەتی و ئەنانیەت و ئینتیمائاتی تەسك دێنێت و تۆوی ناسنامەی ئینسانی دەچێنێت و پێگەکانی سیستەمێکی دادپەروەرتر دادەڕێژێت و بنەمای پێکەوەژیانی شارستانیانەی سەردەمی برایەتیی گەلان دێنێتە کایەوە.
دیارە هەموو پرۆسەیەکی بووژانەوە یان ژیانەوەو رینیسانس نزیکەی ٢٥ تا ٣٠ ساڵێکی دەوێت. ئەوەی ئەمڕۆیش روودەدات، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ روخانی دیواری بەرلین بەر لە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا، دواتریش هەڵوەشانەوەی دوو جەمسەری و پاشانیش لاوازبوونی تاکجەمسەری و بەرەو هەڵوەشانەوە چوونی سیستەمی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیی ئەمڕۆ.
ئەو گۆڕانکارییانەی ئەمڕۆ جیهان بە خۆیەوە دەیانبینێت لە کاتێکدا دێن کە یەك لە دوای یەك فاشیزم ( بیری نەتەوەگەرایی و رەگەزپەرستی )، سیستەمی سۆسیالیستی و بیری کۆمۆنیزم، سیستەمی کەپیتالیستی و بیری لیبرالیزم و نیوو لیبرالیزم لە سەدەی بیستەمدا سەرکەوتوو نەبوون لە هێنانە کایەی هاووڵاتیبوونێکی تەندروست و کۆمەڵگایەکی ئاسوودە. کەواتە ئەوان مقەوماتی رزگارکردنی ئینسان و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئاسوودەیان نیە، کە هەمیشە مرۆڤ و بزووتنەوە ئینسانی و رزگاریخواز و دیموکراتییەکان هەوڵیان بۆ داوەو خەباتیان بۆ کردوەو خوێنیان بۆ رشتوە. شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستانیش وەکو بزووتنەوەیەکی رزگاریخواز و دیموکراسیخوازی نەتەوەیەکی ژێردەستی خاك داگیر و دابەشکراو، هەمیشە ئامانجەکانی لەگەڵ ئامانجە ئینسانییەکاندا کۆك بوە، چونکە سیستەمی داگیرکاری

سەرچاوە لە سیستەمی ستەمکارییەوە دەگرێت و سەر بە هەمان فەلسەفە و بیر و بۆچوونە. لەو روانگەیەوە رزگاری و ئازادیی کوردستان و نەمانی سیستەمە دیکتاتۆرەکان و هێنانە کایەی سیستەمێکی دیموکرات چارەسەری تەواوی کێشەکانی گەلەکەمان و تەواوی گەلانی دیکەی عیراق و دەوڵەتانی دیکەی دەوروبەر دەکات.

لەو روەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەردەمێکدا کە مرۆڤایەتی تێیدا بە دەست کێشەی هەمەڕەنگەوە دەناڵێنێت و بە قەیرانێکی فکری و ئایدۆلۆژی قووڵدا تێپەڕ دەبێت، تەئکید لە گرتنەبەری هێڵی رزگاری و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و بنەما ئینسانییەکانی کوردەواری و هاووڵاتیبوون دەکاتەوە کە رێکدێتەوە لەگەڵ بنەماکانی سوسیال دیموکراسی .

لەو روانگانەوە پێویستە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەژێر رۆشنایی ئەو دید و دنیابینییە سەردەمیانەدا ستراتیج و بەرنامەی خۆی دابرێژێت و لە کاروانی گۆڕانکارییەکان پاشنەکەوێت، بەڵکو دەبێت پێشرەوایەتی و رابەرایەتیی بکات، بەو جۆرە ساڵانێکی زۆر لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان ئەو رۆڵەی بینیوە. بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم ئەرکە نەتەوەییە، نیشتیمانیە، ئینسانییە لەم هەلومەرجە چارەنوسساز و هەستیارەی ناوچەکەمان و یەکێتیش پێیدا تێپەڕ دەبێت، وەکو چارەسەرێکی خێرا، پێویستە سەرەتا هەمووومان وەکو ئەندامانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئازایانە و لەخۆبووردوانە بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی کە ئەندام و پێشمەرگەکانی یەکێتیی پێی ناسرا بوون، بۆ ئەمەیش دەبێت سەرەتا هەر یەکەمان لەگەڵ خودی خۆمان ئاشت بینەوە، ئینجا لەگەڵ یەکتر. دەبێت هەمموو لایەکمان پێ لە خۆمان بنێین، ژیرانە تەنازول لە هەندێك شت بکەین، ئاشتبوونەوەی گشتی بە دڵ و دەروون بهێنینە کایەوە.

هەڵبەت هەنگاوی یەکەمی بەدیهێنانی ئەم کارەیش دەست خستنە سەر برینەکان و چارەسەرکردنیان و ئاشتبوونەوەمانە، یەکەم جار وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لەگەڵ خودی خۆمان، ئینجا لەگەڵ یەکتر، ئینجا لەگەڵ جەماوەری یەکێتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیەمانن. یەکێتیی دەبێت لەسەر بنەما شۆڕشگێڕی و ئینسانییەکانی کە پێی ناسرا بوو، نویێ بکەینەوە. دیارە ئەو کاتەی بووینەوە یەکێتیەکەی جاران، تەبا و تۆکمە لە ناوەخۆ، میللەت لە دەوروپشتمان کۆدەبێتەوە. ئەو ئومێدە گەورەیەشمان چاوەڕوانی رەزامەندی و بڕیاری یەکێتییانە و ئازایانەی ئەندامانی کۆنگرەی چوارەمە.

جیهان لە دەوروبەرماندا دەگۆڕێت و پێویستە ئێمەیش بگۆڕیین، ئەگینا دوا دەکەوین. خاڵی جیاکەرەوەی ئەو گۆڕانکارییانەیش گێژەنی بەهاری عەرەبی بوو کە بە لافاوەکەی دیکتاتۆریەتە چل ساڵییەکانی ناوچەکەی خنکاند و شەپۆلی دووەمی لافاوە خنکێنەرەکەیش یەکێتیی ئەوروپای دەورە داوە. دەرچوونی بریتانیاش لە یەکێتیی ئەوروپا و ناڕەزاییەکانی هێلەگ زەردەکانیش لە فەرەنسا دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیەوە. ئەمڕۆیش ئەمریکا کەوتۆتە ناو سڕبوونێکی ئایدۆلۆجی و ئابووری و کەشتیی گۆڕانیش گەیشتۆتە دەسەڵاتدار و حاکمەکانی ناوچەکەمان و بیروباوەڕە ئاینی و مەنهەجی و سیاسییەکانیان گۆڕیوە.

لەو روەوە ئەرکەکانمان لەو بارودۆخە هەستیار و چارەنووسسازەدا لە ئاستی حزبی و نەتەوەیی و نیشتمانی و لە روی کۆمەڵایەتی و حوکمرانییەوە

لەم خاڵانەدا کۆدەکەینەوە:

١-بەر لەهەر ئەرکێکی دیکە، پێویستە ئەم کۆنگرەیەمان کە لە بارودۆخێکی زۆر هەستیاری ناوەکی و دەرەکیدا دەبەستریت، بکەینە کۆنگرەی سەرکەوتن و نوێبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنینەوە کە یەکێتی کێشە و گرفتەکانی چارەسەر دەکات و بە هەوڵ و ئیرادەی هەموو هەڤالان و وەکو وەفایەك بۆ خوێنی شەهیدان و جەنابی مام جەلال، دەبێت ئەم کۆنگرەیە بکەینە کۆنگرەی ئاشتبوونەوە و نوێبوونەوە و بووژانەوەی گڕ و تینی یەکێتیانەی کەم بژی و کەڵ بژی، چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو هەمیشە پێشڕەوی خەبات و تێکۆشان و رزگاریی کوردایەتیی پێشکەوتووخواز و هەوێنی هێنانە کایەی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ بووە ئەمڕۆیش زەرورەتە بۆ هەموان.

٢-کارکردن بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عیراق و گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان.

٣-کارکردن بۆ پاراستن و پێشخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاراکردنی پەرلەمان و دامودەزگاکانی دیکەی هەرێم.

٤-پشتگیریکردنی چارەسەری کێشەی کورد لە تەواوی پارچەکان لە چوارچێوەی سەلماندنی مافە نەتەوەییەکان و سەروەریی یاسا و مافی هاووڵاتیبوون.

٥-خەبات دەکەین بۆ یەکێتی و تەبایی گەلانی ناوچەکە لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی و مێژوو و شارستانیەتیی هاوبەش.

٦- ئەرکێکی دیکەی گرنگمان بەهێزکردنی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤە. دیموکراسی پایەی هاووڵاتیبوونە، چونکە هاوکێشەی ماف و ئەرکی هاووڵاتی لە نێوان حکومەت و تاك و کۆمەڵگادا ڕێکدەخات.

٧- کاردەکەین بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی و لێپێچینەوەی یاسایی.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی نوێبوونەوە دەخوازین و هەر شاد و سەرفەراز و سەرکەوتوو بن.

## کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان




کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١. ئەم کۆنگرەیە ئامادەکارییەکی زۆری بۆ کرا و لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠وە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» پەراوێزێکی

فراوانی بۆ بڵاوکردنەوەی را و بۆچونی ئەندامانی یەکێتی سەبارەت بە کۆنگرەو کارەکانی دابین کرد.
لە ١٨ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی دوایین کۆبونەوەی خۆی بەست کە زۆرتر تایبەت بوو بە تاوتوێ کردنی کاروباری خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە. لەم سەروبەندەدا دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی، عومەر عەبدوڵڵاو قادر حاجی عەلی رایانگەیاند کە بە نیاز نین خۆیان بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی سەرکردایەتی کاندید بکەن. لە نامەیەکدا کە رێکەوتی هەمان رۆژی ئەو کۆبونەوەیەی لەسەرە، عومەر عەبدوڵڵا نوسیبوی «پێم باشە و ئارەزوو دەکەم ئەوە ببێتە داب و نەریتێك کە ناو ناوە گۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕ لە ناو سەرکردایەتیدا بکرێو خوێنی گەرم و نوێ بەبەر جەستەی یەکێتیدا بێتەوە. راست وایە ئەم کارو نەریتە لە بەندەو چەند هەڤاڵێکی دێرینی ترەوە دەست پێ بکاتو خۆمان جێ بۆ کەسانی بە یاراو بەهرەتر، کاراو کارامەتر چۆڵ بکەین... بەندەش وەك ئەندامێکی سادەو سانای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەمێنێتەوە». لە ٢٥ی کانونی دووەمدا «کوردستانی نوێ» دەقی نامەکەو وەڵامی تاڵەبانی بڵاوکردەوە کە تێیدا وتبوی «بە سەربەرزییەوە و لە سەروەریی ئەندامی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی وا خۆت دەبەخشیت لە سەرکردایەتی. بەمەش تۆو هەڤاڵ قادر حاجی عەلیش لە پێش تۆو لەگەڵ تۆدا نەریتی شۆڕشگێڕانەی خۆنەویست دادەهێنن لە ناو سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا. هەردوکتان دەری دەخەنەوە کە رۆڵەی رۆژانی سەخت و دژواری خەباتەکەمانو لە خۆشیو سەرکەوتنندا خۆتان جێ چۆڵ دەکەن بەویست و ئارەزوی خۆتان، بۆ ئەوەی هەندێ کادیری شایستەی لێهاتوو سەرکەون لەوەرگرتنی مەسئولیەتدا، بەمەش موساهەمەی بە کردەوەش دەکەن لە بە دی هێنانی پرنسیپی نوێکردنەوەو گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سەرکردایەتییەکەی».
لیژنەیەك بە ناوی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە لەهەر یەك لە عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، شاخەوان عەباس، چەتۆ حەوێزی، سالار عەزیز، عوسمان حاجی مەحمود، موحسین عەلی ئەکبەرو مستەفا چاوڕەش پێك هات. لە ٢٠ی کانونی دووەمدا پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی دووەم دەستی پێ کرد.
لە ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠١ کۆنگرە لە ژێر دروشمی «پتەوکردنی ریزەکان، گەشەپێدانی پرۆگرام و پەیڕەوو رێبازو دەزگاکان» لە هۆڵی کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو لە سلێمانی دەستی بە کارەکانی کرد. ژمارەی ئەندامانی بەشدار ١٢٤٧ ئەندام بوو. لەوانە ٩٣ ئەندام ژن بون.
پێش هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە، تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفاو دکتۆر فوئاد مەعسوم و عادل موراد وەك ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکەم دانیشتنی کۆنگرەیان دەست پێکردو هەر یەکێکیان وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد. پاشان ئەرسەلان بایز وتاری لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی خوێندەوەو تێیدا رایگەیاند کە نوێنەری ٢٣٠ هەزار ئەندامی رێکخستنی ئاشکراو نهێنی بەشداری لە کۆنگرەدا دەکەن. دواتر دەستەیەك لە هەر یەك لە دکتۆر فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر، عەدنان موفتی، سەعدی ئەحمەد پیرە، دکتۆر محەمەد سابیر، جەعفەر شێخ مستەفا و ئاسۆ عەلی وەك دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە لە دەنگدانێکی ئازاددا هەڵبژێردران.
لە دانیشتنی دوای نیوەڕۆدا تاڵەبانی، وەك تاکە کاندید، بە سکرتێری گشتیی یەکێتی هەڵبژێردرایەوە. تاڵەبانی، پاش هەڵبژاردنەوەی بە سکرتێر، پێشنیاری کرد ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، هەر یەك لە

نەوشیروان مستەفاو دکتۆر فوئاد مەعسوم و دکتۆر کەمال فوئاد و عادل موراد بەبێ هەڵبژاردن ببنەوە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیو هەروەها پێشنیاری کرد هەر یەك لە سەرەك وەزیرانی پێشوو کۆسرەت رەسول عەلیو سەرەك وەزیران دکتۆر بەرهەم ساڵح بەبێ هەڵبژاردن ببنەوە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. کۆنگرەش هەردوو پێشنیاری پەسند کرد. دوا بەدوای ئەمە، کۆسرەت رەسول عەلی پێشنیاری کرد جەبار فەرمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، کە بۆ چارەسەر لە ئەڵمانیا بوو، بەبێ هەڵبژاردن ببێتەوە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. کۆنگرە ئەم پێشنیارەشی پەسند کرد.

لە دووەم رۆژی کۆنگرەدا دەست بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی کرا و پاش تەواو بونی پرۆسەکە، سندوقەکانی دەنگدان پێچرانەوەو رادەستی دکتۆر فوئاد مەعسوم کران. بریارِ درا لەدوایین رۆژی کۆنگرە دەست بەجیاکردنەوەی دەنگەکان بکرێ.

هەر ئەو رۆژە شەش لیژنەکەی دارِشتن، بەرنامە، پەیرەوی ناوخۆ، دارایی، پێشنیارو راسپاردە، سکاڵاو پێشمەرگایەتی کەکۆنگرە پێکی هێنابون، دەستیان بەکارەکانیان کرد.

لە یەکی شوباتدا دکتۆر کەمال فوئادو جەبار فەرمان لە بەرلینەوە نامەیەکی هاوبەشیان بۆ کۆنگرە نارد، تێیدا ئەوەیان نوسی بوو کە لەبەر هۆی تەندروستی ناتوانن بگەرِێنەوەو بەشداری لەکۆنگرەدا بکەن.

لە چوارەم رۆژدا راپۆرتی سیاسیی سکرتێری گشتیو بەشێکی پرۆژەی پەیرەوی ناوخۆ پەسند کرا. لە پێنجەم رۆژدا ئەوەی کە لەپرۆژەی پەیرەوی ناوخۆ مابوو و راپۆرتی کۆمیسیونەکانی داراییو بەرنامەو پێشنیارو راسپاردە بە تێکرِای دەنگ پەسند کران.

لە ٥ی شوبات کە دەکاتە حەوتەم و دوایین رۆژی کۆنگرە، دەست بەپرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان کرا و لە ئەنجامدا لەکۆی ٤٥ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی ٣٧ ئەندام بە دەنگدانی نهێنی هەڵبژێردران.

ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم: مستەفا سەید قادر، فەرەیدون عەبدولقادر، عەدنان موفتی، ئەرسەلان بایز، عوسمان حاجی مەحمود، مستەفا چاورِەش، عومەر فەتاح، جەعفەر شێخ مستەفا بەرزنجی، ئازاد جندیانی، فەرید ئەسەسەرد، عیماد ئەحمەد، بورهان سەعید سۆفی، قادر حەمە جان، کوردۆ قاسم، عومەر سەید عەلی، دکتۆر محەمەد سابیر، سەعدی ئەحمەد پیرە، مەلا بەختیار، عارف روشدی، شاخەوان عەباس، مەحمود سەنگاوی، عوسمان بانی مارانی، شاڵاو عەلی عەسکەری، جەلال جەوهەر، محەمەد تۆفیق رەحیم، سەفین مەلا قەرە، جەمال یوسف بۆتانی.

ئەندامانی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی: رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش، خەسرەو گوڵ محەمەد، ئاسۆ مامەند ئیسماعیل، ئاسۆ عەلی، شۆرِش ئیسماعیل، شەوکەت حاجی موشیر، رزگار عەلی، خەلیل نیعمەت دۆسکی، جەمال حاجی محەمەد، خەسرەو شێرە.

لە ٩ی شوباتدا یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە دوکان بەسترا. دواتر لە دووەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا لە ١١ی شوبات کە لە قەڵاچوالان بەسترا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو جێگرەکانیان دیاری کران. بەمجۆرە، مەکتەبی سیاسی لەم دە ئەندامە پێك هات: نەوشیروان مستەفا، دکتۆر فوئاد مەعسوم، کۆسرەت رەسول عەلی، دکتۆر کەمال فوئاد، دکتۆر بەرهەم سالح، عومەر فەتاح، عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، فەرەیدون عەبدولقادرو جەبار فەرمان. جێگرەکانیش

ئەمانەن: عەدنان موفتی، مستەفا سەید قادر، مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، جەلال جەوهەر.

لە ١٢ی شوباتدا مەکتەبی سیاسی یەکەم کۆبونەوەی خۆی بەست. لەم کۆبونەوەیەدا بڕیاری بەستنی چەند کۆنفرەنسێك بۆ کاروباری بیرو ڕێکخستن و مەکتەبەکان درا و لەم سەروبەندەشدا ئەرسەلان بایز بە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن و مەلا بەختیار بە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان دانران.

## کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان





کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠. بە هۆی هەلومەرجی ناو حزبەوە، وادەی بەستنی کۆنگرەی سێیەم چەند جارێك گۆڕانی بەسەر هات. لە پلینۆمی سێیەمی یەکێتیی کە لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ لە قەڵاچوالان بەسترا، پلینۆم بڕیاریدا کۆنگرەی سێیەم لە ساڵی ٢٠٠٧ ببەسترێ‌و سەرکردایەتیی ڕاسپارد هەموو پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەکە فەراهەم بکات.

لە١٢ی کانونی دووەمدا، پێنج ڕۆژ پاش تەواوبونی پلینۆم، سەرکردایەتیی یەکێتی لیژنەی باڵای ئامادەکاریی کۆنگرەی سێیەمی لە عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، ئاسۆ عەلی‌و عارف ڕوشدی پێك هێنا و سێ شوێنی بۆ ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی‌و نوێنەرێکی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان‌و ئەندامێکی مەکتەبی بیرو هۆشیاری بە بەتاڵی هێشتەوە، هەر وەك بڕیار درا تاڵەبانی ببێتە سەرۆکی لیژنەی بەدواداچون‌و پشکنین.

سەرەڕای ئەوەی کە پاش پلینۆم زۆر بە خێرایی‌و بەگەرم‌و گوڕی دەست بەخۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرە کرا بەڵام بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٧ هەنگاوی گەورە بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم نەنرا. هەندێ مەسەلەی وەك سەرقاڵبونی سەرکردایەتیی یەکێتی بە تاوتوێ کردنی پرۆژەی دەستوری هەرێم، نەخۆش کەوتنی کتوپڕی تاڵەبانی‌و بە پەلە گەیاندنی بە عەممانی پایتەختی ئوردون بۆ چارەسەر، ئاڵۆزبونی پەیوەندییەکانی ناو سەرکردایەتیی یەکێتی و خراپبونی ڕەوشی ئەمنیی عیراق، کاریگەریی زۆریان لەسەر ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرە بەجێ هێشت.

لە بارودۆخێکی وادا دەرفەتێکی زۆر بۆ هەنگاونان بە شێوەیەکی لێبڕاوانە بەرەو کۆنگرە نەهاتە دی‌و ئەو هەنگاوانەش کە لەم ڕووەوە نران بە کرچ‌و کاڵی مانەوە.

ساڵی ٢٠٠٨ مەسەلەی بەستنی کۆنگرە بە شێوەیەکی گەرم و گوڕتر وروژێنرایەوە. لە شوبات




بەدواوە دەزگای ڕاگەیاندن هەڵمەتێکی بۆ فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرە دەست پێ کردو لەم ڕووەوە سایتێك بە ناونیشانی «بەرەو کۆنگرە» کرایەوەو لە ١٠ی شوبات بەدواوە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» پاشکۆیەکی هەفتانەی تایبەت بە کۆنگرە دەرکرد کە ٥٠ ژمارەی لێ دەرکرا.

لە ٦ی ئایاری ٢٠٠٨دا هەنگاوێکی گرنگ بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی کۆنگرە نرا، کاتێك عومەر سەید عەلی، وەك سەرۆکی لیژنەی باڵای ئامادەکاری، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی کۆبونەوەی بە ژمارەیەك ئەندامی سەرکردایەتیو کادیری پێشکەوتوو کردو لەو کۆبونەوەیە بڕیار درا دوو لیژنە بۆ نوسینی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پێك بێ. لەو کۆبونەوەیەدا لیژنەی نوسینی پرۆگرام لە ئازاد جندیانی، فازڵ کەریم ئەحمەد، جەمال یوسف و رزگار عەلی پێك هات و بە هەمان پێودانگ لیژنەیەکی تر بۆ نوسینی پەیڕەوی ناوخۆ لە جەلال جەوهەر، فەرید ئەسەسەرد، عارف روشدیو ئاسۆ عەلی پێك هات.

ئەگەرچی هەردوو لیژنە دەستیان بە کارەکانیان کرد، بەڵام بەهۆی کێشەکانی ناوخۆی یەکێتییەوە کارەکان بە هەنگاوی گەورە بۆ پێشەوە نەچون، بە تایبەتی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ژمارەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی سەرکردایەتی وازیان لە یەکێتی هێناو پەیوەندییان بە نەوشیروان مستەفاوە کردو دواتر بزوتنەوەی گۆڕانیان پێکهێنا. ئەم ڕەوشە هەلومەرجێکی گونجاوی بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم پێك نەهێنا، بە تایبەتی کە سەرکردە ناڕازییەکان هەم بە شێوەیەکی فەرمی وازیان لە یەکێتی نەهێنا بوو هەم بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیان لە دەرەوەی یەکێتی پێك هێنابوو.

پاش بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩، مەسەلەی بەستنی کۆنگرەی سێیەم هاتەوە بەر باس بەڵام لە کۆبونەوەی ١٢ی تشرینی یەکەمی مەکتەبی سیاسیدا بڕیار درا پلینۆمێك پێش بەستنی کۆنگرە ببەسترێو بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی بەستنی پلینۆمەکە لیژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم پێك هێنرا.

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمدا پلینۆمی چوارەم لە سلێمانی بەسترا و چەردەیەك بابەتی گرنگی تێدا وروژێنرا، لەوانە مەسەلەی بەستنی کۆنگرە. پلینۆم وێڕای ڕەخنەگرتن لە دواخستنی بەستنی کۆنگرە، ڕایسپارد کۆنگرەی سێیەم لە ماوەی نێوان ١٥ی نیسانو ١٥ی ئایاری ساڵی ٢٠١٠ ببەسترێ.

بەڵام سەرەڕای ڕاسپاردەکەی پلینۆمی چوارەم، لەکۆبونەوەی ٧ی نیسانی ٢٠١٠ی مەکتەبی سیاسیدا

کە بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی لە بەغدا بەسترا، بڕیار درا کۆنگرە لە یەکی حوزەیراندا ببەسترێو بۆ ئەم مەبەستە دوو لیژنە پێك هێنران، لیژنەیەك بۆ فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەی سێیەم کە ئەندامەکانی هەمان ئەندامی لیژنەی باڵای پێشووی ئامادەکاری کۆنگرە بون و لیژنەیەکی تر کە لە مەلا بەختیارو سەعدی ئەحمەد پیرە و دلێر سەید مەجید پێك هاتبوو و ئەرکەکەی دابین کردنی پێداویستییە تەکنیکییەکانو بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی‌و بانگهێشت کردنی حزبەکان بوو.

لە٢٠ی نیساندا رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دەقی پروژەی تازەی پرۆگرامی بڵاوکردەوەو بەم کارە دەرگای دایەلۆگ‌و راگۆڕینەوەو دەربڕینی بیروڕا سەبارەت بە پرۆگرام کرایەوە. لە ٢٢ی نیسانیش دەقی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ بڵاوکرایەوە. لەم سەروبەندەشدا هەردوو لیژنەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ فراوان کران بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی سەرنج و تێبینیی ئەندامان بتوانرێ پێداچونەوەیەکی سەرتاپاگیر بەهەردوو پرۆژەدا بکرێ. لیژنەی پرۆگرام بەسەرپەرشتیی ئازاد جندیانی لە هەر یەک لە ئازاد تۆفیق، جوان ئیحسان، ئارام محەمەد قادر، فەیسەڵ عەلی، خەمان زرار، دکتۆر مەجید حەمەد ئەمین و سەرکەوت زەکی جەمیل و لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ بە سەرپەرشتیی عارف روشدی لە هەر یەک لە فەرید ئەسەسەرد، یوسف زۆزانی، دلێر مستەفا، گەشە دارا، ئەمەل جەلال، بورهان عەبدولڕەحمان، خەبات عەبدوڵلا و هیوا حەمید پێك هات.

لە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە پاش پلینۆم، کە لە ٢٢ی نیساندا لە سلێمانی بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی بەسترا، مەسەلەی کۆنگرەو پێداویستییەکانی بە چڕوپڕی تاوتوێ کرا. لە کۆبونەوەی ٢٩ی نیسانی مەکتەبی سیاسیدا کە لە سلێمانی بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی بەسترا، هەندێ بڕیار سەبارەت بە شێوەی دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرە دەرکرا و لەم روەوە بڕیار درا پێوەری هەڵبژاردن وەك پێوەری سەرەکی پیادە بکرێو سەبارەت بە ئەندامانی دێرینی سەرکردایەتی‌و لێپرسراوەکانی پێشوو بڕیار درا لەو ١٥٠ ئەندامە بن کە بڕیار بوو سکرتێری گشتی بەبێ هەڵبژاردن بیانبا بۆ کۆنگرە. بۆ ئەنجومەنی ناوەندو رێکخراوە دیموکراتییەکانیش، بڕیار درا لە هەر ٧ ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند یەکێکیان بە هەڵبژاردن ببێتە ئەندامی کۆنگرەو سەبارەت بە رێکخراوە دیموکراتییەکان بۆچونەکان لەسەر ئەو گیرسانەوە کە سکرتێرەکانیان وەك چاودێر بەشداری لەکۆنگرەدا بکەن.

لە ١٧ی ئایاردا کۆنفرەنسی هەر ٣٧ مەڵبەندی رێکخستن ئەنجام درا کە تێیدا ٤٥٠٠ کادیری هەڵبژێردراوی قۆناغی یەکەم و ئەندامانی ئەنجومەنی مەڵبەندەکان ٣٠٠ نوێنەریان بۆ کۆنگرە هەڵبژارد. هەر ئەو رۆژە رێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات نوێنەرەکانی خۆیان بۆ کۆنگرە هەڵبژارد.

لە ١ی حوزەیرانی ٢٠١٠ دا هاوکات لەگەڵ سی‌و پێنجەمینساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کۆنگرەی سێیەم لە ژێر دروشمی «بەرەو گۆڕانکاری‌و چەسپاندنی یەکێتیی ناو یەکێتی» لە هۆڵی تەلاری هونەر لە سلێمانی بەسترا. رۆژی یەکەمی کۆنگرەکە بە ئامادەبونی ژمارەیەکی زۆری میوان دەستی بە کارەکانی کرد کە هەندێکیان وتاریان خوێندەوە لەوانە سەرەك وەزیرانی عیراق نوری مالیکی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، سەرۆکی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی عەممار حەکیم، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید مۆنا سالین، جێگری سەرۆکی کۆماری عیراق عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکی ژنانی

سۆسیال ئینتەرناسیونال پیا لۆکاپیرلی، جێگری سەرەك وەزیرانی عیراق رافع عیساویو ژمارەیەك لە نوێنەرانی حزب و رێکخراوەکانی کوردستانو عیراقو کۆنسوڵەکانی وڵاتان لە هەریم.

لە رۆژی دووەمی کۆنگرەدا دکتۆر فوئاد مەعسوم راپۆرتێکی دەربارەی کۆنگرە پێشکەش کرد و تێیدا ئاماژەی بە هۆکاری دواکەوتنی بەستنی کۆنگرە دا. دواتر تاڵەبانی راپۆرتی سیاسیی خوێندەوەو کاروباری سیاسیی نێوان دوو کۆنگرەی هەڵسەنگاندو رەخنەی لە سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان گرت. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ لەمەولا کۆنگرە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ببەسترێو چیتر نابێ پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل بکرێو دەبێ دەزگایەك بۆ چاودێریی پراکتیزەکردنی پەیرەوی ناوخۆ هەبێو لەم روەوە ئەنجومەنی ناوەندی بەو دەزگایە ناو برد کە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆدا دەبێ. خوێندنەوەی راپۆرتەکە نزیکەی ٤ سەعاتی خایاند.

لە رۆژی سێیەمی کۆنگرەدا کۆمیتەیەکی سەرپەرشتیار بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرە لە هەشت ئەندام بە سەرپەرشتیی عادل موراد پێك هات و لەو کۆمیتەیە یوسف زۆزانی بە وتەبێژی کۆمیتەی سەرپەرشتیار هەڵبژێردرا. هەر ئەو رۆژە ١٧ کۆمیتە بۆ تاوتوێ کردنی بابەتە گرنگەکان پێك هێنران کە بریتی بون لە کۆمیتەکانی هەڵسەنگاندنی راپۆرتی سکرتێری گشتی، پرۆگرام، پەیرەوی ناوخۆ، مەکتەبەکان، رێکخستنی دەرەوە، پێشمەرگە، خانەوادەی شەهیدان، کەمئەندامان و زیندانییە سیاسییەکان، بیرو هۆشیاری، هەڵسەنگاندنی راپۆرتی حکومەتی هەرێم، پێشنیار، راگەیاندن، ناوچە جێناکۆکان، ئیدارەو دارایی، سکاڵاو لێکۆڵینەوە، کاروباری ستراتیج، هەڵبژاردن.

لە رۆژی چوارەمی کۆنگرەدا ژمارەیەك راپۆرتی کۆمیتەکان پەسند کران و راپۆرتی کۆمیتەکانی تر کە هێشتا تەواو نەکرابون، لە رۆژانی پاشتردا پەسند کران. بەڵام گفتوگۆکانی تایبەت بەپەیڕەوی ناوخۆ زۆر درێژەیان کێشاو بە هۆی ئەمەوە راپۆرتی کۆمیتەی پەیڕەوی ناوخۆ پاش هەموو راپۆرتەکانی تر لە ١٠ی حوزەیراندا پەسند کرا. هەمان رۆژ لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە رایگەیاند کە کۆمپانیای نۆکان راسپاردەیەکی راپۆرتی کۆمیتەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی سەبارەت بە کردنەوەی پشك بۆ کەسوکاری شەهیدان پەسند کردووەو بۆ جێبەجێ کردنی راسپاردەکە ئۆفیسێکی تایبەت دەکاتەوە.

لە ١١ی حوزەیراندا کۆنگرە بە کۆی دەنگ تاڵەبانیی بە سکرتێری گشتیی یەکێتیی هەڵبژاردەوە. پاش وتارێکی کورت بەم بۆنەیەوە، تاڵەبانی داوای لە ئەندامانی کۆنگرە کرد دەنگ بە هەڵبژاردنەوەی هەر یەك لە کۆسرەت رەسول عەلیو دکتۆر بەرهەم سالح بدەن بۆ ئەوەی بتوانێ وەك جێگرانی خۆی دیارییان بکات. ئەگەرچی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراو هیچ ماددەیەکی سەبارەت بە هەڵبژاردنی جێگرانی سکرتێری گشتی لە ناو کۆنگرە تێدا نەبوو و دەبوایە جێگرەکان پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاری بکرێن، بەڵام کۆنگرە بۆ رێگرتن لە هەر کێشەیەکی چاوەڕواننەکراو پێشنیارەکەی تالەبانیی پەسند کرد.

هەر لەو دانیشتنەدا کۆنگرە رێزی لە دکتۆر کەمال فوئاد و عادل موراد گرت کە بڕیاریان دابوو خۆیان بۆ هیچ پۆستێك کاندید نەکەن. کۆنگرە رێ و رەسمێکی شایستەی بەم بۆنەیەوە بۆ ساز کردن.

لە ١٢ حوزەیراندا کە یانزەمین و دوایین رۆژی کۆنگرە بوو، پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەند بەڕێوە چوو. پێش کۆنگرە ٢٤٤ ئەندام فۆرمی خۆکاندیدکردنیان بۆ

ئەندامەتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پڕ کردبۆوە بەڵام دواتر بەشێکیان کشانەوەو لە ڕۆژی دەنگداندا ژمارەی کاندیدەکان بووە ٢٢١ کاندید کە لەسەر ٤٢ کورسیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێشبڕکێیان دەکرد. هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند ٣٣٤ کاندید هەبوو کە لەسەر ٨١ کورسی پێشبڕکێیان دەکرد.

لە ٢٢ی حوزەیراندا سەرکردایەتیی تازەی یەکێتی بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە دەباشان کرد کە زۆرتر بۆ هەڵسەنگاندنی کۆنگرەی سێیەم تەرخان کرابوو. لە ٢٤ی حوزەیراندا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا تاڵەبانی ٨ ئەندامی بۆ مەکتەبی سیاسی کاندید کرد کە بریتی بون لە هێرۆ برایم ئەحمەد، عەدنان موفتی، ئەرسەلان بایز، عومەر فەتاح، مەلا بەختیار، دکتۆر نەجمەددین کەریمو ڕەفعەت عەبدوڵڵا. ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە کۆی دەنگ متمانەیان پێ بەخشین و دواتر مەحمود سەنگاویو قادر حەمەجان و جەعفەر شێخ مستەفا لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.

## پاشکۆی ژمارە (١)

### ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

١- جەلال تاڵەبانی (بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ).
٢- کۆسرەت ڕەسول عەلی (بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ).
٣- دکتۆر بەرهەم سالح (بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ).
٤- هێرۆ برایم ئەحمەد.
٥- قادر حەمە جان.
٦- خەسرەو گوڵ محەمەد.
٧- مەحمود سەنگاوی.
٨- مەلا بەختیار.
٩- عیماد ئەحمەد.
١٠- فریاد ڕەواندزی.
١١- عەدنان موفتی.
١٢- شۆڕش ئیسماعیل.
١٣- هەرێم کەمال ئاغا.
١٤- شاڵاو کۆسرەت ڕەسول.
١٥- ئازاد جندیانی.
١٦- مستەفا چاوڕەش.
١٧- حەمەی حەمە سەعید.
١٨- سامان گەرمیانی.
١٩- ئەرسەلان بایز.
٢٠- جەعفەر شێخ مستەفا.
٢١- ئارێز عەبدوڵڵا.
٢٢- سیروان کوێخا نەجم.
٢٣- رزگار عەلی.
٢٤- عەدنان محەمەد قادر.
٢٥- شاڵاو عەلی عەسکەری.
٢٦- دکتۆر نەجمەددین کەریم.
٢٧- ڕەفعەت عەبدوڵڵا.
٢٨- سەعدی ئەحمەد پیرە.
٢٩- فەرید ئەسەسەرد.
٣٠- محەمەد وەتمان.
٣١- حامد حاجی غالی.
٣٢- بێگەرد تاڵەبانی.
٣٣- ئاڵا تاڵەبانی.
٣٤- حەسەن نوری.
٣٥- خالید شوانی.
٣٦- ئاسۆ مامەند.
٣٧- هەڵۆ پێنجوێنی.

٣٨- ڕەسول عومەر لەتیف.
٣٩- عومەر فەتاح.
٤٠- دکتۆر جوان ئیحسان.
٤١- پەروین کاکە حەمە.
٤٢- وەسفیە بەنی وەیس.
٤٣- نەرمین عوسمان.
٤٤- پەروین بابەکر پشدەری.
٤٥- بڵێسە جەبار فەرمان.

ئەندامانی یەدەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی:
١- لەتیف عومەر مستەفا.
٢- ڕەهبەر سەید برایم.
٣- جەمیل هەورامی.
٤- بەرزان ئەحمەد کوردە.
٥- عارف ڕوشدی.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی سێیەم

لە هەلومەرجێکدا کە جیهانگیری لە ڕوی سیاسیو ئابوریو میدیاییەوە، سێبەری سەراپای جیهانی گرتۆتەوەو هاوزەمان شەپۆلەکانی دیموکراسی، سەرەڕای کێشمەکێشە سیاسیو ئەمنییەکان، گەیشتۆتە ڕۆژهەڵاتو قەیرانی دارایی ترسناکی دوو ساڵی رابردوی جیهانیش سەلماندی کە ڕۆژئاوا بەبێ گۆڕینی سیاسەتی ئابوریی خۆیو گۆڕانکاریی ئابوری، سیاسی، تەکنەلۆژیو کۆمەڵایەتیش لە ڕۆژهەڵاتدا، دوچاری دارمانی خەتەرناك دەبێ. هەر لەم بارودۆخەدا بۆ یەکەمین جارە پرۆسەی بنیاتنانی عیراقێکی دیموکراتو کوردستانێکی فیدراڵ، ڕچەی بەستەڵەکی نەبونی دیموکراسی لە عیراقدا دەشکێنێ. بەڵێ، لەم هەلومەرجە جیهانیو باره ئیقلیمیو دۆخە عیراقییەو ئەزمونە دیموکراتییە نوێیەی کوردستاندا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو هێزێکی کاریگەری دەستەبەری دیموکراسی لە عیراقو کوردستاندا، لەسی و پێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنیدا، لە ناو دەیان پرس و پرسیارو نیگەرانیی سیاسیو ڕێکخراوەییدا سێهەمین کۆنگرەی بەست.

لە یەکی حوزەیرانی ٢٠١٠ شاری سلێمانیو لە ناو شاریشدا هۆڵی تەلاری هونەر ئامێزی دڵسۆزانەی بۆ ئەندامانو میوانانی کۆنگرە کردەوەو زۆربەی هێزە سیاسییەکانی عیراقو سەراپای کوردستان، ١٣ وەفدی حزبە سۆسیال دیموکراتەکانو دەوڵەتانی عەرەبی، نوێنەری زۆربەی سەفارەتو کۆنسوڵگەریی وڵاتان، بۆ دوپات کردنەوەی پشتیوانیی یەکێتیو سەرۆك مام جەلال ئامادەی کۆنگرەکە بونو لەوتەکانیشیاندا ئەم ڕاستییەیان بەرجەستە کرد. لەگەڵ سرودی «مەشخەڵانی شۆڕشی نوێی ئەمجارە» سەرۆك تاڵەبانی، سەرۆك بارزانیو سەرۆك وەزیرانی عیراق دکتۆر مالیکی، هاتنە ناو هۆڵو تێکڕا ساتە کاتێك، ماتەمینی بۆ شەهیدان وەستانو لەڕەهەندە جوانەکانی «مەشخەڵان» ڕامان، لەو ئانو کاتەشدا پێشکەش کردنی فیلمێکی پانۆرامایی لەسەر مێژوی خەباتی گەلی کوردستان و یەکێتی، ئامادەبوانی بۆ ڕابردوی سەخت گێڕایەوەو ڕابردوی سەختیشی بەخۆشبەختیی ئێستای دەستکەوت و سەرکەوتنەکان بەستەوەو ئێستاشی کردە جێ ئومێدی ئایندەیەکی ئاوەدانترو بێمەترسیتر.

دوای کردنەوەی یەکەم دانیشتنی کۆنگرە، سەرۆك تاڵەبانی لە وتەیەکی کورتدا گرنگیی بەستنی کۆنگرەی ڕون کردەوەو یەکە یەکە، وەفد بە وەفد، بەخێرهاتنی میوانانی کرد. پاشان وتاری بەڕێزان سەرۆکی هەرێم، سەرۆك وەزیرانی عیراق، جێگری سەرۆکی کۆماری عیراق، سەماحەتی عەممار

حەکیم، بەڕێز مۆنا سالین سەرۆکی حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید، پیا لۆکا پیر لی لێپرسراوی ژنانی سۆسیال ئینتەرناسیونال، بەڕێز سکرتێرو نوێنەری حزبەکانو بروسکەی پیرۆزباییەکان خوێندرانەوە.

ڕۆژی دووەم، کۆنگرە بەرنامە تایبەتەکانی ڕاپەڕاندو یەکەمین ئەرکیشی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سیاسیی هەڤاڵ سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. دوای ئەمەش بڕیاری نەمانی ڕەسمیەتی سەرکردایەتیی یەکێتی ڕاگەیەنرا و کۆمیتەی سەرپەرشتیاری کۆنگرەش هەڵبژێردرا. دواتر ١٧ کۆمیتە هەڵبژێردران کە ئەمانەن:

١- کۆمیتەی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی.
٢- کۆمیتەی پرۆگرام.
٣- کۆمیتەی پەیڕەوی ناوخۆ.
٤- کۆمیتەی مەکتەبە ناوەندییەکان.
٥- کۆمیتەی ڕێکخستنی دەرەوە.
٦- کۆمیتەی پێشمەرگە.
٧- کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراو و کیمیاباران.
٨- کۆمیتەی کەم ئەندامان و زیندانییە سیاسییەکان.
٩- کۆمیتەی بیر و هۆشیاری.
١٠- کۆمیتەی ڕاپۆرتی حکومەتی هەریم.
١١- کۆمیتەی پێشنیاز.
١٢- کۆمیتەی ڕاگەیاندن.
١٣- کۆمیتەی ناوچە دابڕاوەکان.
١٤- کۆمیتەی ئیدارەو دارایی.
١٥- کۆمیتەی سکاڵاو لێکۆڵینەوە.
١٦- کۆمیتەی ستراتیجی.
١٧- کۆمیتەی هەڵبژاردن.

ئیدی کۆنگرە بواری دا بە لیژنەکانو ئەندامانی کۆنگرە کۆبونەوەی فراوان بکەن و بە سەربەستی ڕاپۆرت ئامادە بکەن.

دوای دوو ڕۆژی تەواو لەگفتوگۆی زیاتر لە هەزار ئەندامی دابەشبوی سەر لیژنەکان، ڕاپۆرتەکانیان گەڵاڵە کرد، ڕەخنەو بیرو پێشنیازی بەشدارانی لیژنەکانیان، بەڕاشکاوی، ڕاپۆرت ڕاپۆرت، خستە بەردەم هەڤاڵان و هەڤاڵانیش، لە شەش ڕۆژدا، بیرو بۆچونی پێویستیان لەسەر ڕاپۆرتەکان دەربڕیو بڕگە بە بڕگەی ڕاپۆرتەکانیش دیالۆگی تێرو تەسەلیان دەوروژاند. دواتر کارتی سەوزی پەسندیان بۆ بەرز دەکرایەوە، کارتە سورەکانیش دژیان ڕادەگەیاند و زەردەکانیش بێدەنگی.

پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ، کە دوو ساڵ زیاترە بە پێشنیازی گۆڕانکاریی بەرچاو، بۆ کرانەوەی هاوچەرخانەی پەیکەری ڕێکخراوەیی ئامادە کرابوو، لە «کوردستانی نوێ»و سایتی تایبەت و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنو کۆبونەوە حزبییەکاندا، مشتومالێکی باش کراوە، لە ناو کۆنگرەشدا سێ ڕۆژ مشتومڕی هەمەلایەنەی ویست هەتا پەسەند کرا. بەپەسەندکردنی ئەم پەیڕەوە ناوخۆییە نوێیە، یەکێتی ژیانی حزبایەتیی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا، دەگونجێنێ. دیارە دوا بڕگەی کۆنگرەش پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەند بوو. ئەمیش، بە ئامادەبونی ٢١ دادوەرو نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی، لە کەشێکی ئازاددا، بەڕێوە چوو.

لەم پرۆسەیەدا ٤٥ ئەندامی سەرکردایەتیو ٨١ ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند کە تیایاندا ڕێژەی پەسندکراوی ٢٠٪ی ژنان لە ناو ٥٥٨ کاندید هەڵبژێردران.

٢٦ ئەندام لەو هەڤاڵانە یەکەمین جاریانە بۆ پۆستی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن. لە ناو ئەم سەرکردە نوێیانەشدا یەکەمین جارە حزبێکی سیاسی لە عیراق

و كوردستاندا زۆرترین ڕێژەی ژن بۆ سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێت. ئەمەش سەردەق شکاندنێکی حزبایەتیی دیکەیە بۆ یەکێتی کە یەکەمین جارە لە ناو حزبێکی ڕۆژهەڵاتدا هێندە کادیر لە خۆیان رادەبینن بۆ خۆکاندید کردن، سەرکەوتوانەش بەڕێوە چوو.

### هاووڵاتییانی دڵسۆز

لەم کۆنگرەیەدا کە دوای پرۆپاگەندەیەکی بێ رادەی دژایەتیی یەکێتی بەسترا، ئەوەی مایەی دڵنیاییە ئەوەیە کە کادیرو ئەندامان بەپەرۆشییەکی بێ وێنەوە هەوڵیان دەدا لەکۆنفرەنسی مەڵبەندو کۆمیتەو مەکتەبەکاندا، هەروەها لە ئۆرگانە جیاجیاکاندا بەشداری بکەن. سەرەڕای تەوژمی داخوازیی بەشداربون لە کۆنگرە، دواتر توانرا تەنها بڕیاری بەشداریی ١٦٩١ ئەندام لە ناو هەزاران ئەندام بدرێ، بەشدارانیش هەموو پلەو پایەو توانای ئۆرگانەکانی یەکێتیو پەرلەمان و دیپلۆماتو حکومەتی گرتبۆوە، کە بەگشتی نوێنەران بەم شێوەیە دابەش بون:

١٠٧ ئەندامی بەتەمەن، ٢٨٥ تەمەن کامڵ، ٦٢٩ ئەندام لە نێوان ٣٥ ـ ٤٠ ساڵ، ٣٧٣ ئەندامی کۆنگرەش کە ڕێژەیان دەکاتە ٣٣٪ لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە هاتونەتە ریزی یەکێتی. ئەوەی مایەی سەرنجە، لەکۆی ئەندامانی کۆنگرە تەنها ٤٨٧ ئەندامیان بەشدارییان لە دووەمین کۆنگرە کردووە، ١١٥٤ ئەندامیش یەکەمین جارە لە کۆنگرەی یەکێتیدا بەشداری دەکەن.

لەم کۆنگرەیەدا ٥٦ دکتۆرا، ٦٩ ماجستێر، ٤٦٠ بەکالۆریۆس، ١٩٤ دبلۆم، ٣٥٨ ئامادەیی، ٢٥٢ ناوەندی، ٤١ سەرەتاییو تەنها ١٠ نەخوێندەوار بەشدار بون. لە ناو بەشداراندا، بەپێی بڕیاری پەسندکراوی دووەمین کۆنگرە، پێشمەرگەکانی ساڵی ١٩٧٦ کە بۆ ڕۆژێکیش لەشۆڕش دانەبڕا بون، شەرەفی ئەندامێتیی کۆنگرەیان پێ بەخشرا.

### هەڤاڵان
### جەماوەری دڵسۆزی کوردستان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سێهەمین کۆنگرە، بەو گۆڕانکارییانەی لە پەیڕەو و پرۆگرامدا، بە سیاسەتی پەرەپێدراویدا، بە ئاراستەو ئاستی بەشدارانی کۆنگرە، بەڕێژەی ٢٠٪ی ژنانو هەڵبژاردنیان بۆ سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەند، بەو سەدان لاوانەی خاوەن پەیامی نوژەنی سیاسیو حزبایەتین، بە قوڵکردنی گیانی هاوپەیمانێتیی کوردستانی، بەردەوامیی ڕاپەڕاندنی ئەرکە سیاسیو دیموکراتییەکانی عیراقو کوردستان، بە سوربون لەسەر جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠و بڕیاری ئاوەدان کردنەوەی زۆرتری ناوچە دابڕێندراوەکان، بەدروست کردنی مەکتەبێکی نوێ بۆ شەهیدو ئەنفالکراو و کیمیابارانکراوەکان، هەروەها بە ڕێزگرتن لە پێگەی مێژویی پێشمەرگە لەفەرهەنگی سیاسیو نەتەوەییدا، گۆڕانکاریی بابەتیو ئەقڵانیی هەمەلایەنەی دور لە هەڵچونو داچون بەدی هێناوەو لەمەودوا خۆی بۆ قۆناغی ئایندەی پێشکەوتن، خزمەتکردن ئاوەدانی، یەکسانیی ژنو پیاو، کۆمەڵی مەدەنی، چەسپاندنی سیستمی سکولار، نەهێشتنی گەندەڵیو رەواندنەوەی نیگەرانیی خەڵك، یەکێتی کارامەتر خۆی بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجانە ئامادە کردووە و ئیدی لە دوای سێیەمین کۆنگرەوە، لە مەیدانی خەبات، ململانێ، هەڵبژاردنەکان، پەکخستنی پیلانەکان، پاراستنو پەرەپێدانی دیموکراسیو ئازادیی راستەقینە لەعیراقو کوردستاندا، لە بەرامبەر تیرۆریستانو دوژمنانی دیموکراسی، کاریگەریی سیاسەتی راستو زانستیانەی خۆی باشتر، بەگوڕترو تۆکمەتر جێبەجێ دەکات. بێگومان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دوای سێیەمین کۆنگرەوە بە دڵنیاییەکی زیاتریشەوە، وەکو حزبێکی سۆسیال دیموکرات، بەرنامەی

عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و خزمەتی ڕەنجدەرانی بیر و بازوو، ڕۆشنتر دەکاتە پێناوی سەرەکیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی. هەر بە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانەش، گیانی بێگەردی شەهیدانی کوردایەتی‌و دیموکراسی ئاسودەتر دەکات.

دیــارە کـۆنـگـرەو ئـەنجـومـەنـی سـەرکـردایـەتـی‌و ئەنجومەنی ناوەند دەزانن هێشتا کەموکوڕی‌و هێشتا کێشەی چارەسەرنەکراو ماون، بەڵام جێبەجێ کردنی بڕیارو بەرنامەکانی کۆنگرە، دەستەبەرن بۆ چەسپاندنی یەکێتیی ناو یەکێتی‌و بەرە بەرەش، زەمینە دەرەخسێت بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەی کێشەو کەموکوڕییەکانی تریش.

ئیتر بۆ پێشەوە لەپێناوی:

- جێبەجێ کردنی بڕیارو بەرنامەو ڕاسپاردەکانی کۆنگرە.

- پاراستن و پەرەپێدانی دیموکراسی لەعیراق‌و کوردستاندا.

- پەیمان نوێ کردنەوە بۆ شەهیدان‌و بەدی هێنانی تەواوی ئامانجەکانیان.

**سێهەمین کۆنگرەی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**٢٠١٠/٦/١٥**
**سلێمانی ـ کوردستان**

## پاشکۆی ژمارە (٣)

## هەڵبژاردە لە ڕاپۆرتی سیاسیی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆنگرەی سێیەم

دوای چەندین ساڵ لە دواکەوتنی کۆنگرێسەکەمان ، وا لە سایەی خۆڕاگری و دڵسۆزیی هەڤاڵان و کادیرەکانمان، کۆنگرەی سێیەمینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەست پێ دەکەین لە سایەی چاکترین و پێویستیترین دروشم : دروشمی گەشەپێدان ، بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدان لە رووی سیاسی و ڕێکخستن و فیکری و سەرکردایەتی و دامودەزگاکانی حزبی و حکومەتییەوە، بۆ خۆ نوێ کردنەوە لە هەموو ئاست و بوارەکاندا . بۆ چاکسازی و پاکسازیی پێویستیش .

خۆراگریی سەرکەوتوانەی هەڤاڵان و کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابووردودا سەرەڕای گیروگرفتەکانی خۆماڵیی خۆمانی و کوردایەتی و نیشتمانیی عێراقی و ناوچەیی ، نەك هەر مایەی شانازیی یەکێتییەکەمانە بە ئەندامان و کادیران و لایەنگرانی زۆر و زەبەندی خۆیەوە ، بەڵکو نیشاندەری ئەم ڕاستییەشە کە بوون و مانەوە و پێشکەوتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێویستییەکی مێژووییی بابەتی و تایبەتی کوردەواری و کوردایەتییە، هەروەك پێویستیی مێژووییی تەبایی و برایەتی و یەکڕیزیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و عێراقیشە و شەرتێکی گرنگی چەسپاندنی دیموکراسی و فیدرالیزمە لە کوردستان و عێراقدا.

هەر بۆیەش هەموو هەوڵ و تەقەلای دوژمنانی کوردایەتی و دیموکراسی و خەڵکی کوردستان و عێراق ، هەروەها هەوڵی تێکدەرانەی ناو ڕیزەکانی خۆمان بۆ لەناوبردن و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، باهۆزی خەباتی یەکێتیەکەمان و کوردایەتی و هاوپەیمانییەکانمان، لولی داون و بەرەو چاڵی نەمانی بردوون، نەمانی ئەو هەموو جۆرە هەوڵ و تەقەلایەنە، نەك نەمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە وەك کێوە سەرکەشەکانی کوردستان چەقیوە و تا هاتووە زاڵیش بووە بەسەر گیروگرفتەکانی ڕێگەی خەباتمان کە هەرە گرنگەکانیان بریتی بوون

لە :

یەکەم:

١- ناکۆکیی ناو ریزەکانی کوردایەتی کە هێندێ جار بۆتە هۆی شەڕی نەگریسی ناوخۆش،

٢- ناکۆکییەکانی نێوانی پارتی و یەکێتی ، ئینجا باشکردنی ئەو نێوانە تا دارِشتنی هاوپەیمانیی ستراتیجی لە نێوانیان.

٣- ئابلوقەدراویی کوردستانەکەمان، زۆر جار لە لایەن دەوڵەتانی نەیارەوە.

٤- وەتەق خرانی کوردایەتی لە دنیای عەرەب و رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، بەتایبەتی لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول .

دووەم : گیروگرفتەکانی ناو خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك :

١- جۆری پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سێ باڵی جیاواز و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناوخۆمان تا گەیاندنی بە یەکێتیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٢- کارەساتی هەکاری کە گەورەترین گورزی عەسکەری بوو لە شۆڕشەکەمان ( لەساڵی ١٩٧٨ ).

٣- جیابونەوەی بەشێکی گرنگی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و پێشمەرگەکانی (لە ساڵی ١٩٧٩ ).

سێیەم :

١- هەڵوێستی کاربەدەستانی شۆڕشی ئێران لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە پاش هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر توانرا بکرێتە هەڵوێستێکی دۆستانە و هاوکار .

٢- جیابونەوەی (گروپی ) ئالآی شۆڕش (لە ساڵی ١٩٨٦ ).

٣ - پەیدابونی بیرورِا و هەڵوێستی جیاواز لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی دەربارەی هەڵوێست لە دیکتاتۆری، هەڵوێست لە حزبەکانی تری کوردایەتی، هاوپەیمانیی کوردستانی و عێراقی، پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانان لە کاتی شەڕی کوێتەوە تا دوایی، تاکتیکی توندوتیژ و بکوژە و ببڕ، چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناوخۆمان.

٤- هەڵوێست لە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا، هەڵوێست لە دەر و دراوسێ و حزبە کوردستانییەکان.

٥- هەڵوێست لە هاوپەیمانی و دۆستایەتی لەگەڵ هاوپەیمانان.

گیروگرفتەکانی پەیدابونی بیرورِاو هەڵوێستی جیا لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی، ببون بە بنەما و سەرچاوە بۆ سەرهەڵدانی دووبەرەکی لە ناو سەرکردایەتی کە درێژەی کێشا تا جیابونەوەی گۆڕان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

چوارەم : چەندین گیروگرفتی تەنزیمیش هاتنە رێگەی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك:

١- رەچاونەکردنی پەیڕەوی ناوخۆ .

٢- نەهێشتنی سنوور لە نێوان کادیر و لێپرسراو و تێکەڵاوکردنیان .

٣- تێکەڵاوکردنی دانان و هەڵبژاردن لە هەموو کۆمیتەکاندا .

٤- زیادکردنی ژمارەی مەڵبەندەکان بەپێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆوە .

٥- دانانی هەڤاڵان لە کۆمیتە و مەڵبەندەکان بۆ رازیکردنیان لەبەر دەستەگەری.

٦- فەرامۆش کردنی لایەنی فکری و جێبەجێ نەکردنی سیاسەتی هۆشیارکردنەوەی هەڤاڵان و روون نەکردنەوەی تەبیعەتی سۆشیالیست و دیموکراتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٧- شێوەی نا راست و رەوای کارکردنی هەڤاڵان و چالاکییە حزبییەکان و فەرامۆشکردنی شێوەی کاری جەماهیری و چوونە ناو خەڵك و زاڵبوونی

کاری مەکتەبی و دوورکەوتنەوە لە جەماهیری حزبی و جەماوەری رەنجدەر و لادێ و خانووە قوڕەکان .

٨- فەرامۆشکردنی ئەو راپۆرتانەی لە لایەن ئۆرگانەکانی نزیك لە جەماوەرەوە بەرز دەکرانەوە، بوونە هۆی لاوازکردنی پێگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو جەماوەردا.

پێنجەم : گیروگرفتی ناو حکومەت و پەرلەمان و دەستێوەردان لە کاروباری میری و تێکەڵاوکردنی لێپرسراوێتیی حزبی و حکومی و چاك دەرنەبڕینی دەستکەوتەکانی حکومەت و رەدووکەوتنی پرتە و بۆڵەی راست و ناڕاست لە میری .

هەڤاڵینە: پێویستە لێرەدا بڵێم کورتکردنەوەی گیروگرفتەکان سەبارەت بەوە بوو کە زۆرمان باس کردوون و لە راپۆرتی پێشوومدا لە پلینۆم هەندێکیانم شی کردۆتەوە ، دەکرێ بچینەوە سەریان ئەگەر پێویست بوو .

هەروەها دەشێ و دەبێ زاڵبوونمان بەسەر ئەو هەموو گیروگرفتانەدا بگرە خۆڕاگرتن لە ئاستیاندا هەر بە حزبێکی پێشرەوی هەڵقوڵاو لە ناو جەرگەی جەماوەری وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرێ، کە ئەو خۆڕاگرییە و ئەو زاڵبوونە بەسەر ئەو هەموو گیروگرفتانەدا، مایەی سەروەرییەکی گەورەیە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هیوابەخشییەکە بە دوارۆژێکی رووناك .

***

بێ لەبیرکردنی ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەیی و دیموکراتییەکان، زۆریش پێویستە هەوڵی جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بدەین. وەك شتێکی سەرەکی، دەبێت پلانێکی هەمەلایەنەمان هەبێت بۆ چاککردنی ژیانی خەڵکەکەمان بەگشتی و هی رەنجدەرانی بیر و بازوو بەتایبەتی .

بێگومان لە وڵاتێکی کاولکراوی وەك کوردستانی ئێمە و لە کوردەوارییەکی داپڵۆسێنراو و زۆرلێکراو و بێبەشکراو لە خێرو بێری وڵاتەکەی، هێنانە دیی ئەو ئامانجە پیرۆزەی سەرەوە پێویستی بە چەند پلانێکی چوار پێنج ساڵی هەیە بۆ دەرهێنانی سامانی زۆر و زەوەندی وڵاتەکەمان و بە پیشەسازی کردنی وڵات بەپێی پێویستییەکان و بوژاندنەوەی لادێ و کشتوکاڵ و گەشەپێدانی بازاڕ و تیجارەتی دەرەوە و ناوەوەی وڵات و بۆ دارشتنی پلانی راست و رەوان بۆ گەشەپێدانی خوێندەواری و زانکۆکان بەپێی پێویستییەکان و کەڵك وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و زانستی سەردەم ، هەروەها خستنەگەڕی توانای مرۆیی خۆمان و پەرەپێدانی ئاژەڵداری و دروستکردنی سەدی بچووك و ئاودێری بە شێوە زانستییەکەی و هەروەها پێویستمان بە ئاشتی و جێگیری هەیە .

لەسەر ئاستی خزمەتگوزاریی رۆژانە و مانگانە و ساڵانەش پێویستە :

١- ئیهتیمام دان بە خانوە قوڕەکان لە رووی دابینکردنی ئاو و کارەبا و جادە و خوێندنگە و بنکەی تەندروستی و مزگەوت و بازاڕی هەرزان و دابین کردنی کارو کاسبی بۆ خەڵکەکەی .

٢- بوژاندنەوەی لادێکان وەك پاشان باسی دەکەین .

٣- دابینکردنی ئاو و کارەبا و جادەی قیرتاو و خوێندنگە و نەخۆشخانە بۆ شارەکان .

٤- رێگاوبان بە رێگەی شەمەندۆفێر و ئوتۆبانیش زۆر پێویستن .

٥- دابینکردنی مووچە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی ئاسایش و پاسەوانانی هەرێم و پیر و پەککەوتە و لێقەوماوان .

٦- بوژاندنەوەی سەناعەتی دەستی و خۆماڵی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان.

٧- دانانی زەریبەی عادیلانە و هەڵکشاو .

٨- پەرەپێدانی گەشتوگوزار و هاوینە هەوارەکان .

٩- داهێنانی سەناعەتی دەرهێنانی کانزاکان، شانبەشانی گەشەپێدانی سەناعەتی نەوت و دەرهێنانی گاز .

١٠- هاندانی سەرمایەداران و کەرتی تایبەت بۆ بەکارهێنانی کرێکارانی خۆماڵی و دامەزراندنی دەرچووەکان و بەشداری پێکردنیان لە ئاوەدانی و لە خزمەتگوزاریی شار و لادێدا.

١١- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بێکاری و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ بێکارەکان.

١٢- بازاڕ دۆزینەوە یان کڕینەوەی بەروبومی زەراعەت و باغەکانی میوە .

***

لادێی کوردستان هەمیشە مەڵبەندی شۆڕش و خەباتی چەکداری کوردایەتی بووە. سەرچاوەیەکی گرنگی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگەی کوردستان بووە. هەروەك سەرچاوەیەکی گرنگی ژیان و گوزەرانی خۆراکی خەڵکی کوردستان بووە وەك ناوچەیەکی کشتوکاڵی و میوەجات.

هەر بۆیەش دوژمنی گەلەکەمان هەمیشە هەوڵی کاولکردنی لادێی داوە، چ بە بۆردومان — لە زەمانی ئینگلیزەوە- تا سەردەمی حکومەتەکانی عێراق، بە کاول کردن و راگواستن لە زەمانی حوکمی فاشیی سەددام کە بە تەواوی هەموو دێهاتی کوردستانی کاول کرد و سیاسەتی خاکی سوتماکی بەکار هێنا بۆ ئەوەی ژیان لە لادێی کوردستان نەهێڵێت .

هەرچەند دوای رزگاربوون لە حوکمی بەعسی فاشی، لادێکانمان رێگەی ئاوەدانییان بۆ کرایەوە، بەڵام بەداخەوە نەتوانرا بە پلانێکی هەمەلایەنەی عیلمی ببوژێنرێنەوە، بەجۆرێك کە دیسان ببنەوە بە سەرچاوەی ژیانی بەرهەمی زەراعەتی بۆ خەڵکی کوردستان . بۆیە پێویستە دوای روپێوکردنێکی مەیدانیی زانستی، پلانی دوور و درێژ دابرێژرێت بۆ سەرلەنوێ بوژانەوەی لادێکان و بە مەکنەنەکردنی کشتوکاڵ و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ کە ببێتە هۆی دابینکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییە پێویستەکان. پێویستیشە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی ژیانی سەردەم بۆ دانیشتوانەکەی دابین بکرێت

بەمەش ئاسایشی خۆراك دابین دەکرێت کە شەرتێکی گرنگی ئاسودەیی گوزەرانی خەڵکی کوردستان و شەرتێکی گرنگی سەربەخۆیی ئابوری و سیاسیشە.

***

کۆنگرێسەکەمان بە کۆنگرەی گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوبردووە . گەشەپێدانی لە رووی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و سەرکردایەتی و دامودەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکێتیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هاوپەیمانێتی و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك و سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی کوردایەتی و حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەغدا و مەترسییەکانی سەر عێراقی نوێ ودیموکراسی و دەستوور ، هەروەها گەشەپێدان لە رووی فیکر و راگەیاندن و ئینجا رێکخستن و دیاریکردنی کادیر و رێبازی خەباتەکەمان، خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی و چینایەتی، خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانە و جەماهیری و پەرلەمانی.

یەکەم هەنگاوی ئەو گەشەپێدانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش سەرخستنی ئەم کۆنگرێسەیە و بڕیاردان لەسەر بەستنی کۆنگرە لە کاتی خۆی و پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئەوەی کۆنگرە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و سەرپەرشتیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات و لە کەموکورتی و لادان و ناتەواوییەکان بکۆڵێتەوە و چارەیان بۆ دیاری بکات و لە سەرکردایەتی بپێچێتەوە و گۆڕانکاریی پێویستی تێدا بکات.

سەرخستنی ئەم کۆنگرێسە بەم کارانەی خوارەوە دەبێت:

١- بڕیاردان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامی نوێ.

٢- چاوخشاندنەوەیەکی ژیرانەی ڕاست و ڕەوا بە ڕووداوەکانی نێوان دوو کۆنگرێس و دیاریکردنی هەڵە و کەموکورتی و چارەکردنیان و بڕیاردانی ڕاست و ڕەوا لەسەر سیاسەتەکانمان و هاوپەیمانییەکانمان و هەڵویستمان لە حکومەتی هەرێم و بەغدا و پەیوندییەکانی کوردستانی و عێراقی و ناوچەیی و دەولیمان.

٣- هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی لێوەشاوە و هۆشیار و بەتوانا و بە کەفائەت.

٤- بەشداری کردنی لاوان و ژنان و ڕەنجدەرانی بیر و بازوو .

٥- سەرکردایەتی ئیقلیمگیر بێت و ڕۆڵەی هەڵکەوتووی هەموو ناوچەکانی تێدا بێت .

٦- بەرز ڕاگرتنی ئەرکە نەتەوایەتی و نیشتمانی و دیموکراتییەکانی گەلەکەمان.

٧- دیاریکردنی ڕێبازی سیاسیی ڕاست و ڕەوای خەباتەکەمان .

٨- بڕیاردان لەسەر پاراستن و گەشەپێدانی هاوپەیمانیی ستراتیجیی نێوان پارتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٩- دیاریکردنی کادیر و جیاکردنەوەی کادیر لە مەسئوول یان کاربەدەست: کادیر ئەو خەباتگێڕە هوشیارەیە کە پیشەکەی هەر خەباتی حزبی و سیاسییە، ئەوەندەش شارەزایی پێویستی هەیە کە بتوانێت بڕیاری ڕاست و ڕەوا بدات و لە گێچەڵ و تەڵە نانەوەکانیش خۆی ڕزگار بکات. جگە لە دەستکەوتەکانی حزبی و کاری حزبی، هیچ کار و کەسابەتێکی نیە.

١٠- خستنەگەڕی ئەو هەموو هەڤاڵ و کادیرە زۆر و زەوەندانەی کە هەمانن. ئەوەش بەوە دەبێت کە هەر یەك لەو هەڤاڵ و کادیرانە تەنیا یەك ئیش بکات بە پێی پسپۆری.

١١- ژیاندنەوەی هەڵمەتی فیکری و خۆ هۆشیارکردنەوە و پەروەردەی کادیر و ئەندامان.

١٢- گۆشکردنی ئەندامان بە بیروباوەڕ و حەقیقەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە بیروباوەڕی سۆشیال دیموکرات و بە سیاسەتە جیاجیاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

١٣- بوژاندنەوە و جۆشدانەوەی هەڵمەتی چوونە ناو جەماوەر و خۆ بە کۆمەلآنی خەڵك گرێدان و واز هێنان لە کاری مەکتەبی و بیرۆکراتی و خۆ دوورە پەرێزگرتن لە خەڵك.

١٤- پەروەردەکردنی ئەندامان بە مێژووی پڕ لە شانازیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەستینشانکردنی هەڵە و لادانەکانیش بۆ ئەوەی دەرسی باشیان لێ وەربگیرێت.

١٥- گەشەپێدانی دیموکراسی لە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ژیاندنەوەی سەرەتاکانی رەخنە لەخۆ گرتن و رەخنەگرتن لەچوارچێوەی رێکخستندا.

١٦- بەکورتی، پێویستە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەینە حزبێکی مۆدێرن و سۆشیال دیموکرات لە هەموو ڕوویەکەوە.

***

### هاوپەیمانی لەگەڵ شیعەو سوننە

هەندێ جار هاوکاریمان لەگەڵ شیعە لە لایەن هەندێ کەسانی ناسیۆنالیستی عەرەبی عێراقەوە بە

تۆمەت دراوەتە پاڵ و بوختانی ئەوەشمان پێ کراوە کە سوننەی عەرەبمان فەرامۆش کردووە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم نەختێ بە روونی لەسەر ئەم دوو خاڵە بدوێم.

١- هاوپەیمانیمان لەگەڵ هێزە شیعییەکان بە شێوەیەکی تەبیعی هاتۆتە کایەوە، ئەویش لە ئەنجامی هاوکاریی نێوانمان لە معارەزەی دژی دیکتاتۆری و خەبات بۆ هێنانە دیی عێراقی دیموکرات و فیدراڵ. واتە هەم لە دژایەتی کردنی دیکتاتۆریدا هاوخەبات بووین و هەم لە بەدیهێنانی دیموکراسیش هاوبیر و هاوپەیمان بووین. ئەمە جگە لەوەی هەم کورد و هەم شیعە لە ژێر فشاری هێرشی لەناوبردن و تەفروتوناکردن بوون، سەرەرای بێ بەشییان لە هەموو مافێکی دیموکراتی و نەتەوەیی بۆ کورد و مەزهەبی بۆ شیعە: واتە هەموو میللەتی عیراق و بەتایبەتی هەردوولا هاودەرد و هاوبەڵای دیکتاتۆریەت بوون.

٢- هاوپەیمانی و هاوخەباتیمان قەتیس نەکردوە لەسەر کورد و شیعە، بەڵکو زۆریش هەوڵمان داوە بۆ بەشداریکردنی هێزە سوننییە عەرەبەکان.

٣- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی و هاوخەباتیی هەبووە هەم لەگەڵ هێزە عەلمانییەکانی شیعە و سوننە هەم لەگەڵ هێزە عەرەبییە سوننییەکان. واتە ئێمە هەرگیز سوننەی عەرەبمان فەرامۆش نەکردووە. لە دوای رزگاریی عێراقیش هەوڵمانداوە بۆ بەشداریکردنی سوننەی عەرەب لە ئەنجومەنی حوکم و پەرلەمان و لە حکومەت و لە کۆبوونەوەکان و لە هاوپەیمانییەکاندا. ئەم راستیانە تۆمەتە بێ بناغەکە پوچەڵ دەکەنەوە . بەڵام لە هەموو هاوپەیمانییەکدا هاوبیری و هاوهەڵوێستی بەردی بناغەکەیە و جۆر و لایەنەکانی هاوپەیمانییەکە دیاری دەکات. راستییەکی تریش هەیە کە ناکرێ بیشارینەوە ئەویش ئەمەیە: لە کاتێکدا هێزە شیعییەکان لایەنگری مافەکانی خەڵکی کوردستان بوون، بەشێکی ئەو هێزانەی بە ناوی عەرەبی سوننەوە لە عێراق کار دەکەن، دژی هەموو مافەکانی خەڵکی کوردستان وەستاونەتەوە. ئێستاش ئێمە هاوپەیمانیمان لەگەڵ شیعە و لەگەڵ سوننەی عەرەب هەیە و دەمانەوێ لەگەڵ هەردوولایان پەرەی پێ بدەین. دیارە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پابەندی رێککەوتنەکانێتی لەگەڵ هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانییە مێژووییەکانی خۆی.

***

هەڵوێست لە گۆڕان

ناکرێ هەندێ قسەش لەسەر گۆڕان و هەڵوێستمان لێیان نەکەین، نەك هەر لەبەر ئەوەی کە بەشێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون لە رووی سەرکردایەتی و کادیر و ئەندامەکانیانەوە بەڵکو لەبەر ئەوەش کە بە جیابونەوەیان لە ئەنجامی پلانگێڕییەکی درێژخایەن زیانیان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کوردایەتی و دیموکراسیش دا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە دوژمنایەتی کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان کردووە بە ئامانجی یەکەمیان.

لە پێشەوە بە تەمای روخاندن و هەرەسهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، بەڵام کە دیتیان کێوەکانی کوردستان هەڵکەندنیان لە هەڵکەندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گۆڕەپانەکە ئاسانترە، ئێستا کەوتونەتە هێرش کردن، پروپاگەندەی ژەهراوی دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جنێو فرۆشییەکی بێ وێنە لە هەندێك سایتی ئەلکترۆنیدا بڵاو دەکەنەوە.

جا دیارە تا ئەوان دەوریان دوژمنایەتی کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت، تا ئەوان دەوریان دوژمنایەتی کردنی حکومەتی هەرێم بێت و بۆ بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کەرکوك و ناوچە

دابڕاوەکان بێباك و پەرۆش نەبن ، تا ئەوان معارەزە بکەنە ئاژاوەنانەوە و سوککردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وفیدرالی و دیموکراسی لە کوردستان، دەرگـای گفتوگۆ وهـاوکـاری بـە ڕووی خۆیاندا دادەخەن.

خۆ ئەگەر بیانەوێ جێی خۆیان لە نـاو ژیانی سیاسیی کوردستان بکەنەوە و پەیوەندییان هەبێت لەگەڵ حزبەکانی دەسەڵات — وەك خۆیان دەڵێن — ئەوا پێویستە لەسەریان واز لە دوژمنایەتی کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هەرێم و ئەزمونە دیموکراتییەکەی کوردستانی عێراق بهێنن.

پێویستە هەڵمەتی پروپاگەندەی ژەهراویی راستەوخۆ لە لایەن خۆیان و ناراستەوخۆ لە لایەن رۆژنامە و راگەیاندنەکانیانەوە رابگرن و دۆستایەتیی راستەقینە لەگەڵ هەمووان بکەن.

من ئامۆژگاریی برایانەم بۆیان ئەمەیە : ئەی کۆنە هەڤاڵینە : ئێوە هەر چی بۆتان کرا، لە چەندین ساڵی رابردوو، لە ژێرەوە کنەکردن و پلانگێڕی لە دژی یەکێتی و لە پاش دەرچوونتان و ئیعلانی گۆڕان و هێرشی هەمەجۆر و هەمەلایەنە بۆ سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردتان. بەڵام یەکێتیتان پێ هەڵنەتەکایەوە و لە ناو نەبرا، بەڵکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێشتا وەك هێزێکی گەورە و پێشڕەوی کوردایەتی لە کایەکە دایە و لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی هاوپەیمانی، پێکەوە رێبەریی کوردایەتی و حکومەتی هەرێم و دەوری کورد لە عێراق دەکەن.

راسـتـە ژمـارەیـەکـی بـەرچـاو لـە ئـەنـدامـانـی سـەرکـردایـەتـی و کـادرانـی یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامەکانیتان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیاکردەوە بەڵام لە هەمان کاتیشدا یەکێتیتان لـە گێچەڵ و دەردەسـەرییـەکـانـی ناکۆکیی ناوخۆ رزگارکرد و چیتر یەکێتی بە ئیفلیجی نەمایەوە و زۆریش زوو توانی برینەکانی ساڕێژ بکاتەوە.

هێشتا یەکێتی پتر لە ٤٠٠ هەزار ئەندامی هەیە، جگە لە توانای مالی و ئیداری و سیاسی و هتد.

دیسان ساغ بۆوە کە هەر بە هێزە بنەڕەتییەکانی کوردایەتی : پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گۆڕانکاریی راست و رەوا دەکرێت و ئـەم دوو هێزە رەگ و ریشەیان لـە ناو کۆمەڵی کوردستان و مێژووی کوردایەتیدا کوتاوە کە بە هیچ هێزێك هەڵناکەندرێ و هەڵناوەشێنەوە.

کەواتە بۆچی و تا کەی ئاسنی سارد دەکوتنەوە؟

وەرنـــەوە سـەر رێـبـازی سیاسیی گـشـتـی، واز لە دوژمنایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هـەرێم بهێنن و رێـگـەی بـرایـەتـی و هاوکاری و هاوخەباتی بگرنە بەر. هەر ئەوسا جێی خۆتان دەکەنەوە لە ناو کوردایەتی و ژیانی سیاسیی کوردەواریدا.

خـۆتـان دەزانـــن ئێمە مـانـان دژی ئـەو حزبانە نەبووین کە لێمان جیا بوونەوە، بەڵکو ، ئێوەی لێ دەرچێت، لە نـاو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەس دژی هاوکاریش نەبووە لەگەڵیان. ئێستا وا ئێمە هاوکار و هاوخەباتی حزبی سۆسیالست دیموکرات و زەحمەتکێشانین کە رۆژێك لە رۆژان پێکەوە بووین لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا

بۆیە هەقە دەرس لە رووداوەکـان وەربگرن، هەقە ئەم راستییە فەرامۆش نەکەن کە تاقیکردنەوە چاکترین مەحەکە. ئەوا تاقیکردنەوەی خۆتان کرد.

ئیتر وەختی ئاوڕدانەوە لە مێژووی گەلەکەمان و تاقیکردنەوەی هێزە سیاسییەکانی عێراق هاتووە.

بۆیـە سووربون لەسەر ئەم هەڵوێست و سیاسەتەی ئێستەتان زیان لە خۆشتان و گەلەکەشمان دەدات.

بە پێچەوانەوە گەڕانەوە بۆ سەر رێبازی سیاسیی گشتی و هاوخەباتی و برایەتی و تەبایی، لەجیاتی

ئـاژاوه نـانـەوه، دەتانهێنێتە گۆڕەپانی هـاوکـاری و هـاوخـەبـاتـی لـەگـەڵ هـەمـوو هـێزە سیاسییەکانی کوردستان کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکان دایە.

***

**دۆسێی کوردە فەیلییەکان**

تراژیدیای کوردە فەیلییەکان بەشێکی دانەبڕاوی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە بە درێژایی تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانیمان. ئەم مەسەلەیە بۆ ئێمە چەند رەهەندێکی هەیە:

- رەهەندێکی نەتەوەیی چونکە کوردە فەیلییەکان بەشێکی رەسەنی نەتەوەی کوردن و لە کۆڕی خەباتی کوردایەتیشدا بەشدارییەکی کاریگەریان هەبووە چونکە ئەوان لە قۆناغی جیاجیادا تووشی گێچەڵ و راگوێزان بوونەتەوە. لە سەرەتای حەفتاکان و پاشان لە سەرەتای هەشتاکانیش، رژێمی شۆڤێنی بە بیانووی تەبەعیەی ئێرانی سەدان هەزاری لێ دەرکردن و لە ناسنامەی عیراقی بێبەشی کردن و رەوانەی سنوورەکانی ئێرانی کردن.

- رەهەندێکی مەزهەبیی هەیە چونکە فەیلییەکان شیعە مەزهەبن و بە هۆی چەوساندنەوەی مەزهەبیشەوە تووشی مەحرومیەت و زوڵم و زۆر هاتوون.

- رەهەندێکی ئینسانی چونکە شێوەی دەرکردن و تەسفیرکردنیان شێوەیەکی دڕندانەی فاشیستیانە بوو، جۆرێك لە ئەنفال و قڕکردن بوو کە تێیدا هەموو بنەماکانی مافی مـرۆڤ و هـەمـوو رەوشتێکی ئیسلامی و ئینسانی پێشێل کرابوو.

- رەهـەنـدێـکـی ئـابـووری چـونـکـە یەکێك لـە ئەنگێزەکانی رژێمی بەعس لـە تەسفیرکردنی فەیلییەکان، دەرکردنیان بوو لە بـازاڕی بەغدا کە توێژێك لە دەوڵەمەند و کاسبکارانی فەیلی لە دێر زەمانەوە رۆڵێکی گەورەیان تێدا گێڕاوە کە دەکرا لە پرۆسەی نەشونماکردنی نەتەوەیی کورددا کاریگەریی باشی هەبوایە لـە بەهێزکردنی پێگەی نەتەوەیی کورد لەبەغدا، چ لە رووی ئابووری و چ لە رووی دروستکردنی لوبییەکی کوردیی بەهێز لە بەغدا.

- رەهـەنـدێکی عیراقی کـە ئـەویـش مەسەلەی هاووڵاتیبوون و وەکیەکیبە بێ جیاوازیی مەزهەبی و نەتەوەیی، چونکە فەیلییەکان هەم تووشی زوڵم و زۆری نـەتـەوەیـی و هـەم تـووشـی زوڵـم و زۆری مەزهەبی هاتوون و بەو هۆیەشەوە خاڵی هاوبەشن بۆ هاوپەیمانێتی چەوساوەکانی شیعە و کورد.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك حزبێکی کوردستانی، بۆ هەموو کوردستانییان خەبات دەکات، بێ جیاوازیی مەزهەبی وشوێنی نیشتەنی. هەر لە سەرەتاوە بووەتە سەنگەری تێکۆشانی برا فەیلییەکان لەپێناوی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکان و بۆ سەندنەوەی مافی زەوتکراویان. لە هەموو وێستگەکانی خەباتەکەماندا، لە هەموو دانوستاندنەکاندا لەگەڵ رژێم وەك شێوەیەك لە شێوەکانی خەباتی سیاسی ، پێداگری لەسەر چارەسەری دۆسێی کوردە فەیلییەکان کردووە.

لە دوای روخانی رژێمی بەعسیش دەرفەتێکی زێڕین هاتە پێشەوە بۆ سەندنەوەی مافی برا فەیلییەکان بە هۆی:

یەکەم: عیراقی نوێ عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ و دەستوورییە کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، و مافی هاووڵاتیبوون رەتدەکاتەوە.

دووەم: عیراقی نوێ عیراقێکە کورد و شیعە وەکو دوو زوڵملێکراوی جاران زۆرینـەی هەموو پرۆسە سیاسییەکە پێکدێنن.

سێیەم: بیری شۆڤێنی رووی لە نەمانە، دۆخی ئەمنیی بەغدا و شوێنی نیشتەنیی دێرینی کوردە فەیلییەکان رووی لە هێمنی و رەخساندنی دەرفەتی

خزمەتکردنە. ئـەم هۆکارانە پێکەوە یارمەتیدەری خەباتەکەمانن بۆ لابردنی ستەمی سەر فەیلییەکان. ئەویش لە ڕێی:

- یەکخستنی ریزی برا فەیلییەکان و رێکخراو و کۆمەڵەکانیان و جۆشدانەوەی خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتی تێیاندا چونکە هیچ تویژێك رزگار نابێت ئەگەر لە سەرەتاوە ریزەکانی خۆی رێکنەخاتەوە. دیارە کوردایەتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاوکار و پشتیوانیان دەبن.

- خەباتێکی قانوونی و سیاسی و پەرلەمانی دەست پێ بکرێت بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان بەتایبەتی بە هاوکاری لەگەڵ بەرەی دەستوورخوازانی عیراق لە برا شیعەکان و هێزە دیموکراتییەکان. پێدانەوەی رەگەزنامە و قەرەبووکردنەوەی زیانە ئابووری و مادییەکانیان.

- بەهێزکردنی مەڵبەند و دامەزراوەکانی یەکێتی و کـوردایـەتـی لـە بـەغـدا و هـانـدانـی بـوژانـدنـەوەی فەرهەنگی و پەرەپێدانی هوشیاریی نەتەوەیی لە ناو ریزەکانی کوڕان و کچانی فەیلیدا.

- هاندانی گەڕانەوەی ئاوارە و دەربەدەرەکانیان لە دەرەوەی وڵات لە چوارچێوەی گەڕانەوەی کوردی تاراوگە و عیراقییەکانی کۆچبەر.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە گەشبینییەوە سەیری ئایندەی خەبات و تێکۆشانی برا فەیلییەکان دەکـات. قوربانیدانە زۆر و زەوەندەکانیان لەپێناوی کـوردایـەتـیـدا بـەرز دەنـرخـێـنـێـت و بـە بـەشـێـك لە قوربانییەکانی کوردایەتی و دیموکراسیی دەزانێت . گەشبینە کە ئەو خەبات و قوربانیدانە بە فیڕۆ نەچووە و ناچێت. چ حکومەتی هەرێم و چ نوێنەرایەتیی کوردیش لە بەغدا پاڵپشت و هاوکاری سەرکەوتنی خەباتی برا فەیلییەکان دەبن و خۆیان بە بەرپرسیار دەزانـن بەرامـبەر داوا رەواکانیان و دابینکردنی ئەو مافانەش وەك بەشێك لە دابینکردنی داخوازییەکانی کوردایەتی تەماشا دەکەن.

***

**کێشەو گرفتەکان**

• لە قۆناغی جیاجیادا یەکێتی تووشی کێشە و کێشمەکێشی ناوخۆیی بووە، هەوڵماندا بۆ تێپەڕاندنی کێشەکان بەڵکو زەمەن چارەسەریان بکات . ئێستا کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی کۆتایی بەو کێشانە بهێنێت و بە جۆرێك چارەسەر بکرێن ئیتر بواری ئەوە نەمێنێتەوە کە یەکێتی بگەڕێتەوە ئەو قۆناغانەی رابردووی.

• یەکێك لە کێشە بنەڕەتییەکانمان دوورکەوتنەوە بوو لە حزبایەتی، ئەوەش زەمینەی بۆ دەستەگەری و پێشێلکردنی پەیڕەو و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت خۆشکرد . دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی جاران، لە دەستگرتن بە حزبایەتی و رێزگرتن لە پەیڕەو و پابەندبوون بەو بەرنامەیەی پەسەند دەکرێت.

• زۆر هۆکار رێگر بوون لەوەی یەکێتی کۆنگرەی ئاسایی خۆی ببەستێت کە بە هۆی ئەو دواکەوتنانەوە دیاردەی نەگونجاو لەگەڵ گیانی حزبایەتی خۆی خزاندە ناو کاری حزبایەتیمان. دەبێ بۆ لەمەودوا پابەند بین بەوەی لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا کۆنگرەکانمان ببەستین، تا لەو رێگایەوە یەکێتی بەردەوام خوێنی تازە بە بەردا بکات و خۆی نوێ بکاتەوە، بەو جۆرە دەکرێت لەگەڵ قۆناغ و پێشهاتە تازەکاندا خۆی بگونجێنێ و بەوە رابگات پلان و بەرنامەی گونجاو دابڕێژێت .

• لە ژیانی یەکێتیدا پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل کراوەو زۆر جار کاری پێ نەکراوە، بۆ لەمەولا پێویستە لە لایەك وەك دەستوور مامەڵە لەگەڵ پەیڕەو بکەین و لە لایەکیش پێویستمان بە دەزگایەك دەبێ بۆ حیمایەی پەیڕەوی ناوخۆ تا هیچ کەس لە هەر ئاستێکدا بێت لێی لا نەدات و لە هەر سەرپێچییەکیش بپێچێتەوە، کە ئەویش ئەنجومەنی ناوەندە.

• لـەنـاو یـەکـێـتـی دا ململانێیەکی نـاڕەوا و

دەستەگەرییەکی نابەرپرسیارانە هەبووە، زیانی جۆراوجۆری بە یەکێتی و رەوتەکەی گەیاندووە. ململانێکان تەنها لەسەر بەرژەوەندیی تایبەتی و دەسەڵات بوون و هیچ بنەمایەکی فیکرییان نەبووە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی ئەم دیاردە قێزەونە نەهێڵێت. ئەگەر لە رۆژگارێکدا هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و واقیعی یەکێتی ئەوەی قبوڵ کردبێ، لەمەولا بە هیچ جۆرێك یەکێتی قبوڵی دیاردەی دەستەگەری و ئەو ململانێیە ناکات کە لە رابردوو هەناوی یەکێتیی تێك شکاندبوو. دەبێ بە دەستگرتن بە فرە رەنگییەکەی یەکێتی، بە مانای پارێزگاری لە بیر و بۆچونی جیا، دیاردەی دەستەگەری و تەکەتول نەمێنێ.

• ئەم شێوازە تەقلیدییەی حزبایەتی، لە پاڵ بوونی دەستەگەری، یەکێتیی تووشی هەڵاوسانی حزبی کردووە ، ئێستا یەکێتی کادیری لە زۆربەی حزبە گەورەکانی جیهان زیاترە. ئەم هەڵاوسانە بۆتە مایەی ئەوەی توانا و لێوەشاوەیی دەرنەکەون. ئەو زۆری و بۆرییە بۆتە مایەی کێشەی جۆراوجۆر بۆ یەکێتی. پێویستە نەخشە رێگایەك دابرێژین بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی کادیر، بۆ دارِشتنەوەی هەیکەلی ئۆرگانەکانمان.

• گەندەڵی و ناعەدالەتی توێژێکی لە ناو یەکێتیدا دروست کردووە کە لەگەڵ سیاسەت و پرەنسیپەکانی یەکێتی دژ بەیەکن . یەکێتی ئامانجی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بووە. ناکرێت لە ناو حزبەکەدا گەندەڵی و ناعەدالەتی ئەوەندە رەگی داکوتا بێت توێژێك بەرهەم بێنێت و نەناسرێتەوە. دەبێ بە هەموومان ئەم حاڵەتە لە ریشەوە هەڵکێشین و توندترین سزا بۆ گەندەڵکاران دیاری بکەین. هێشتنەوەی ئەم دۆخە یەکێتی بەرەو ئاقارێك دەبا کە جەماوەرەکەمان لێی بتەکێتەوە و خەڵك لێمان دابڕێن .

• تاکە زامنی مانەوە و گەشەکردنی هەر هێزێك ئاوێتەبونێتی بە نەوەی نوێ و گەنجان. ئەمڕۆ ئەو نەوەیەی هاتوتە پێش پێداویستی و تێڕوانینی جیاوازی هەیە. دەبێ زەمینەی ئەوە خۆش بکەین یەکێتی گەنجان بە هەڵگری پەیام و خواستەکانی خۆیان بزانن، خۆیان لە یەکێتیدا ببیننەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. ئەمەش بە خۆ نوێکردنەوەمان دەکرێت، نوێکردنەوەی سەرکردایەتی و بەرنامە و پەیڕەو و هەیکەلەی رێکخراوەییمان.

• یەکێتی لە رابردوودا خاوەنی بەشێکی گرنگی جەماوەر بووەو هەمیشە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داینەمۆی گەشەسەندن و پێشکەوتنەکانی بووە، بەڵام لە ئێستادا پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵك کاڵ بۆتەوە. ئەمەش جگە لەوەی لەگەڵ ئامانجەکانمان ناکۆکە، زیانی زۆریشی پێ گەیاندووین، بەتایبەتی لە قۆناغی وەك ئێستای خەباتی پەرلەمانیدا. بۆیە پێویستە ئەو ئاوێتەبوونەی یەکێتی و جەماوەرەکەی کە لەرابردوودا وەك ئاو و ماسی وابووین، دەبێ زیندوو بکرێتەوە. ئەویش بەر لە هەر شت بە چاککردنی یەکێتی دەبێت. تا ناوماڵی خۆمان چاك نەکەین ناتوانین پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵك چاك بکەینەوە.

• ئەو دوو هەڵبژاردنەی ٢٥ ی تەمووزی ساڵی رابردوو و ٧ی ئازاری ئەمساڵ ئەو راستییەیان سەلماند کە توێژێکی گرنگی کوردەواری لێمان بەگلەییە. ناعەدالەتی و گەندەڵی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت لە کارەکانمان وای کردووە ئەو جەماوەرە لێمان دابڕێ و دڵیان بڕەنجێ.تەنها رێگای ئاشتکردنەوەشیان چاکسازی و نوێکردنەوەی یەکێتییە.

• بە بەرنامەیەکی دارێژراو، لە ناو خۆمان و لە دەرەوە، هێرشێکی ناڕەوا دەکرایە سەر یەکێتی، بۆ هەڵتەکاندنی و لەکەدارکردنی ناوبانگی. ئێمەش لە بەرگرییەکی سلبیدا بووین، ئەمە کاریگەریی خراپی

لەسەر کادیر و دڵ و دەرونی جەماوەرەکەی یەکێتی دروست کردووە.

● کۆنگرە لە بەردەم کۆمەڵێك ئەرکی گرنگدایە، لە هەموویان گرنگتر چاککردنی نێو ماڵی خۆمان و بەرنامەڕێژی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانمان و ئامانجەکانی خزمەتکردنی خەڵك. ئەرکی، سازدانەوەی یەکێتییە بۆ قۆناغی داهاتوو کە بیسەلمێنێت تەنها حزبی سەروەرییەکانی رابردوو نییە، بەڵکو حزبی ئایندەشە. ئەویش بەوەی:

- کۆنگرە هەر سێ ساڵ جارێك ببەسترێت و لە حاڵەتی ناچاریدا و بەپێی بڕیاری ئۆرگانی یەکێتی بۆ ساڵێك درێژ بکرێتەوە. هەروەها گەشەپێدانی ئەنجومەن و دەزگاکان و مەکتەبەکان.

- گەڕانەوە بۆ بنکەی حزبی و بنەمای دیموکراسی لە بڕیاردانداا.

- پیداچوونەوەی هەیکەلی حزبی و گونجاندنی لەگەڵ پێویستییەکانی خەباتی مەدەنی و دیموکراتی.

- رووبەڕووبونەوەی دیاردەکانی ناوچەگەرێتی و خێڵەکی و خزم خزمێنە.

- پێناسەکردنەوەی کادیر و بنبڕکردنی مشەخۆری و هەڵاوسانی حزبی. کادیر بەو تێکۆشەرە حزبیە دەگوترێ کە پیشەی هەر حزبایەتی و خەباتی سیاسی و فکرییە. مەرج نیە لێپرسراو کادیر بێت.

- رووبەڕووبونەوەی دیاردەی تەکەتول و دەستەگەری.

- پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆ.

- نەهێشتنی ئیمتیازاتی نارەوا و سەرچاوەی دارایی نادیار کە بۆ تەکەتول بەکار دەهێنرێت.

● یەکێتی لە دامەزراندنییەوە خاوەن گوتارێکی نەتەوایەتیی نیشتیمانیی پێشکەوتنخواز بووە. هەڵگری دروشمی مافی چارەی خۆنوسین بووە بۆ گەلی کوردستان. دەبێ لە قۆناغێکی وەك ئێستاشدا بەرنامەی نیشتمانی و نەتەوایەتیی خۆی پێناسە بکاتەوە و لەگەڵ قۆناغی نوێ و پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بیگونجێت .

● یا کەرکوك و خانەقین، یا تا ماوین دەجەنگین. یەکێك بوو لە دروشمە داهێنەرەکانی یەکێتی لە قۆناغە سەختەکانی خەباتیدا. بۆ ئەمڕۆش یەکێتی بە شێوازێکی لۆژیکانە، بە پشت بەستن بە دەستوور و ئەو رێوشوێنە یاساییانەی بۆ گەڕاندنەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر کوردستان دیاری کراون، درێژە بەخەباتی خۆی دەدات و دەستبەرداری ئەو ناوچانە نابێت.

● یەکێتی رۆڵی بنەڕەتیی لە داڕشتنی دەستوور و چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستاندا بینیوە، بۆ داهاتوویش پارێزەری دەستکەوتەکان دەبین، پارێزەری دەستوور و فیدراڵی و دیموکراسی دەبین لە عێراق.

● لە عێراق و لە کوردستاندا یەکێتی شەریکێکی کاریگەری حوکمڕانییە، دەبێ ئامانجەکانمان لە رێگەی حکومەتەوە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان بێنینە دی. ئەویش بە خزمەتکردنی خەڵك و لە رێی نەخشە رێگای حوکمی رەشیدەوە.

● رووبەڕووبونەوەی دیاردەکانی گەندەڵی و ناعەدالەتی و بە کردار خزمەتکردنی هەژار و کەم دەرامەتەکان و بە کردار خزمەتکردنی گەڕەکە هەژارنشین و خانووە قوڕەکان و خزمەتی لادێکانی کوردستان.

● رێگەگرتن لە دەستێوەردانی بازاڕ لە لایەن لێپرسراوانی حزبییەوە.

● یەکخستنەوەی حکومەتی کوردستان خواستێکی لەپێشینەی یەکێتی بووە. بەوەی کە حکومەت یەکی گرتەوە و ئەرکی سەرۆکایەتی لەم قۆناغە بە ئێمە سپێردرا، کەواتە ئەرکێکی گرنگی ئەم قۆناغەمان پشتیوانیکردنە لە حکومەتی هەرێم و بەرنامەی

چاکسازیی حکومەت ، چونکە لە هەڵبژاردنی کوردستاندا بەرنامەی لیستی کوردستانی، ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و چاکسازیی ئیداری بووە. پەیمانمان بە خەڵك داوە شەفافیەت و دادپەروەری پەیڕەو بکەین، سەروەریی یاسا بەرقەرار بکەین، ڕێگە لە دەستێوەردانی بازاڕ بگرین، حزب و حکومەت لە یەکتری جیا بکەینەوە. ئەمانە بەڵێن و پەیامی ئێمە بوون بۆ جەماوەرەکەمان و دەبێ بە ئەمەك بین لە ئاست ئەو جەماوەرەی دەنگیان پێ داوین و پێویستە ڕاستگۆ بین لەگەڵیان.

• لەم هەلومەرجەدا کە یەکێتی ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیۆناڵە، حزبێکی سۆسیال دیموکراتین، زەروریەتی قۆناغەکەش ئەوەمان لێ دەخوازێت کە لەسەرکردایەتیی نوێی یەکێتیدا گەنج و ژن پایەی دیاری خۆیان بدرێتێ و بەشدار بن لە ناوەندەکانی بڕیاردا.

• دەبێ سیاسەتی تەوازن و ناوەندی هێز و ناوچەگەریێتی کۆتایی پێ بێت. یەکێتی بەوە مکوم و پتەو دەبێت کە سەرکردایەتییەکی هەماهەنگ و پابەند بە پەیڕەوی ناوخۆ بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی سیاسیی یەکێتی کار بکات.

• یەکێتی لە مێژووی ٣٥ ساڵەی تەمەنیدا سیاسەتێکی نەتەوایەتی و نیشتمانیی حەکیمانەی پەیڕەو کردووە بەرامبەر پارچەکانی تری کوردستان و قوربانیی زۆریشی لەو پێناوەدا بەخشیوە. پێویستە بۆ داهاتوویش هەر پێشەنگی ئەو سیاسەتە بێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی باڵای گەلی کورد و پشتیوانی کردن لە بەدیهێنانی مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی بەشەکانی تری کوردستان لە ڕێگەی خەباتی ئاشتییانە و دیموکراتییەوە.

• لە ئاستی عێراقدا یەکێتی جگە لەوەی وەك هێزێکی کاریگەر ڕۆڵی لە بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستاندا گێڕاوە، لە ئێستاشدا بۆ زۆر هێز و لایەنی تر و چین و توێژی جیاجیای عێراق بۆتە جێی ئومێد لە پاراستنی دیموکراسی و مافە سیاسی و مەدەنییەکاندا . دەبێ ئەو پێشەنگایەتییە لەدەست نەدات و لە قۆناغی خەباتی داهاتووشماندا بە بەیاخەوە ڕوومان لە بەغدا بێت.


• لە رابردوودا یەکێتی پەیڕەوی سیاسەتی ڕاگرتنی بەرژەوەندیی هاوبەشی کردووە لەگەڵ وڵاتان و گەلانی دراوسێ، پێویستە پابەندی هەمان سیاسەت بین و پەرەی پێ بدەین لە هەموو ئاستەکاندا تا دڵنیایی لە نێوانماندا دروست بێت و دڵنیا بین لەوەی کە مایەی مەترسی نین بۆ سەر یەکتری، چونکە مەحکومین بە دراوسێیەتی و ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن تێدەپەڕن و ئەوەی دەمێنێتەوە ئێمە و دراوسێکانمانین.

• یەکێتی سیاسەتێکی دیپلۆماسیانەی فراوانی پەیڕەو کردووە و زۆر دۆست و پشتیوانی لە جیهان بۆ پەیدا بووە، بە ئەندامبونیشی لە سۆسیالیست ئینتەرناسیونال دەرگایەکی تری پەیوەندیی نێودەوڵەتیی بە ڕوودا کردۆتەوە، بۆیە دەبێ هەوڵ بدات سوودی زیاتر لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە وەربگرێت بە قازانجی پەیوەندی و دۆستایەتییەکی دروست لەگەڵ جیهان .

## کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ کە تێیدا هەردوو باڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان یەکیان گرتۆتەوە.

هەوڵی یەکخستنی دوو باڵەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوە،




كاتێك لە قاسمە ڕەش بڕیاری لێ درا و دواتر بۆ یەكەم جار بە شێوەیەكی فەرمی لە پلینۆمی دووەمی یەكێتیی شۆڕشگێڕان لە ناوزەنگ ڕاگەیەندرا. بەڵام لە هەلومەرجی ئەو كاتەدا دەفەرتێكی لەبار بۆ بەستنی كۆنگرەو یەكخستنی باڵەكان لە ئارادا نەبوو. پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بارودۆخێكی گونجاو بۆ كاری سیاسیی ئاشكراو بەستنی كۆنگرە سەری هەڵدا.

لە ١٢ی كانونی یەكەمی ١٩٩١دا كۆبونەوەی كۆمیتەی سەركردایەتی كە لە بارەگای مەكتەبی سیاسیی هەولێر بەسترا، مەسەلەی بەستنی كۆنگرەی یەكەمی تاوتوێ كرد، ڕۆژەكەی دیاری كردو كۆمیسیۆنێكی بۆ دابین كردنی پێداویستییەكانی بەستنی كۆنگرە پێكهێنا.

لە ٢٧ ی كانونی دووەمی ١٩٩٢ دا لە ژێر دروشمی « لەپێناوی پاراستنی ریزەكانمان و بەهێزكردنی بەرەی كوردستانیدا، لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی كوردستان و یەكسانی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ لە عیراقێكی دیموكراتدا»، بە ئامادەبونی ٨٦٥ ئەندام، لەوانە ٧٢ ئەندامی چاودێر، كۆنگرە لە هۆڵی ڕۆشنبیریی شاری سلێمانی بەسترا و كارەكانی بە ئاسایی بەڕێوە چون. تاڵەبانی ڕاپۆرتی سیاسیی كۆنگرەی خوێندنەوەو تێیدا جەختی كردە سەر بایەخی كۆنگرەكە كە تێیدا دوو باڵەكەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان یەكدەگرنەوەو یەك سەركردایەتی بۆ حزب پێكدێنن، بە ڕەچاوكردنی ئەوەی كە كادیرەكان ئازادن لە دروست كردنی «مینبەری فیكری» و دەربڕینی «بیروڕاو بۆچونی فەلسەفی»ی خۆیان لە چوارچێوەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستاندا. ڕاپۆرتەكە یەكێتیی نیشتمانیی وەك « ڕێكخراوێكی نیشتمانی» ناساند كە بۆ جێبەجێ كردنی «ئەركەكانی قۆناغی رزگاریی نیشتمانی و دیموكراتی» تێدەكۆشێ و ئامانجە دورەكەی هێنانە دیی «سۆسیالیزمێكی دیموكرات و مرۆڤپەروەرانەیە».

ڕاپۆرتەكە ئەزمونی یەكێتیی نیشتمانیی لە قۆناغی پێش كۆنگرە هەڵسەنگاند كە «تاقیكردنەوەیەكی سەركەوتووی پێكەوەژیانی چەندین تەیارو ڕێكخراوی جیا جیا بووە»و كۆنگرەكەی بە «كۆنگرەی خۆ نوێكردنەوە» ژمارد. ڕاپۆرت حكومەتی عیراقی بە «شەڕفرۆش و شەڕخواز» ناساندو داوای كرد هەلی پشتگیریی ئەمریكاو ئەوروپا لە كورد بۆ چەسپاندنی دیفاكتۆی كوردستانی ئازاد بقۆزرێتەوەو بەرنامەیەك بۆ پشت بەخۆ بەستن لە ڕێی بەگەڕخستنەوەی كارگە لەكارخراوەكان و ڕێكخستنی كاروباری گومرگەكانەوە

دابنرێ و کار بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان بکرێ.

راپۆرت دژی ئاشتبونەوە لەگەڵ رژێمی عیراق وەستایەوەو پرۆژەی ئەو رێککەوتنە سیاسییەی رەت کردەوە کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی شاندی بەرەی کوردستانی، لەگەڵ بەغدا پێی گەیشتبوو. راپۆرتەکە تیشك دەخاتە سەر چەردەیەك ئاماژەی رون سەبارەت بە بونی دوو ئاراستەی جیاواز بۆ شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ رژێمی عیراق، ئاراستەیەك پشتگیریی ئاشتبونەوەی لەگەڵ رژێمی عیراق دەکردو بەو ئۆتۆنۆمییە رازی بوو کە رێککەوتنی سەرەتایی لەسەر کرا بوو، بەو بیانووەی کە کورد جگە لە رێککەوتن لەگەڵ رژێمی عیراق هیچ رێگەچارەیەکی دیکەی لە بەردەمدا نیە، کە ئەمەش رای پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە کاتێکدا ئاراستەی دووەم پێی وابوو رژێمی عیراق شایستەی متمانە پێ کردن نیەو کورد ناچار نیە رێککەوتنێك بە هەر نرخێك بێ لەگەڵ رژێمی عیراق واژۆ بکات کە ئەمەش تێڕوانینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. راپۆرتەکە نیشانی دا کە لە نێوان کوردو رژێمی عیراق قەیرانی متمانە هەیەو کورد بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە، بەرەیەك پشتگیریی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ رژێمی عیراق دەکات و بەرەیەکی تر دژی رێککەوتنی سیاسییە لەگەڵ رژێمی عیراق. ئەم ناکۆکییە بە رونی لە راپۆرتەکەدا رەنگی داوەتەوەو تێیدا هاتووە کە « لە ناو کوردایەتیدا، بە داخەوە زۆر جار وتووێژ لەجیاتی ئەوەی کێشە لە ناو ریزی دوژمن بەرپا بکات، جیاوازیی بیرو بۆچونی لە ناو ریزی کوردایەتی پەیدا کردووە. زۆر بە داخەوە ئەمجارەش هەر وایە». راپۆرت بە چاوێکی رەخنەگرانەوە بابەتی وتووێژی تاوتوێ کردو دانی بەوەدا نا کە «دەبوایە پەلە نەکەین لە ناردنی شاندی گفتوگۆ بۆ بەغدا و بەو شێوەیە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا نەکەین»، هەروەك دانی بە ئەوەشدا نا کە «هەم لە شێوەو شوێنی گفتوگۆکەدا هەم لە چاك و دوربینانە بەکارنەهێنانی هەموو کارتەکانی بەردەستی خۆماندا، کەموکورتی و ناتەواویی دیارمان هەبوە». بە هەمان پێودانگ راپۆرت رەخنەی توندی لە خۆشباوەڕی بە بەڵێنەکانی کاربەدەستانی رژێمی عیراق گرت کە گوایە ریفۆرمی دیموکراتی ئەنجام دەدەن و دەقی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ جێبەجێ دەکەن و دانی بەوەدا نا کە «دەبوایە تەبیعەتی ئەو دیکتاتۆریەتەو فێڵبازی و تەڵەکەبازیی عەفلەقییەکانمان لە بیر نەچێت». راپۆرت ساغی کردەوە کە رژێمی عیراق «ئۆتۆنۆمیی راستەقینەمان بۆ ناسەلمێنێت» و تەنانەت «ئامادە نیە لایەنی کەمی داخوازییەکانی کورد بسەلمێنێت».

راپۆرت پرنسیپی دانوستانی رەت نەکردەوە بەڵام داوای کرد دانوستان بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەپێی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ بێت.

راپۆرت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «ئۆتۆنۆمی چارەی مەسەلەی نەتەوایەتی ناکات» و ئەم مەسەلەیە تەنها « بە مافی رەوای چارەی خۆنوسین چارە دەکرێت» و پێشنیاری کرد داوای «یەکێتیی ئارەزومەندانەی ئازاد لە نێوان کوردو عەرەب لەسەر بناغەی مافی چارەی خۆنوسین لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتی سەربەخۆدا» بکەین. راپۆرت جەختی کردە گرنگیی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوەی پەسند کرد کە ئەو پەیوەندییە «بایەخێکی تایبەتی هەیە»و لەم روانگەیەوە «دەبێ زۆر بە پەرۆشەوەو زۆر بە جیددی و دڵسۆزییەوە بیپارێزین و گەشەی پێ بدەین». راپۆرت دژی فرە لەشکری وەستایەوەو داوای یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کرد.

راپۆرت جەختی کردەوە سەر ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەم دژی چەوسانەوەی نەتەوەییە هەم دژی چەوسانەوەی چینایەتییەو لە

ڕوی فەلسەفییەوە باوەڕی بە سۆسیالیزم هەیە وەك ڕێوشوێنێك بۆ دابین کردنی یەکسانی و دادپەروەری، لە هەمان کاتدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە نابێ سۆسیالیزم لە دیموکراسی جیا بکرێتەوە چونکە «بە بێ دیموکراسی گەشەکردنی ئابوری و سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی زۆر زەحمەت و دژوارە»و لەم سەروبەندەدا ڕاپۆرت داوای کرد پاش کۆنگرە سەرکردایەتیی تازە کار بۆ ئەوە بکات کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ببێ بە ئەندام لە ناو ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال.

لە ۲۹ ی کانونی دووەمدا کە دەکاتە سێیەم ڕۆژی کۆنگرە، عومەر مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە هۆڵی کۆنگرە دڵی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد. بە هۆی ئەمەوە، کۆنگرە ناچار بوو کارەکانی ڕاگرێ. لە ۲ ی شوباتدا، پاش تەواوبونی ڕێ و ڕەسمی پرسە، کۆنگرە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر دەستی بە کارەکانی کردەوە.

کۆنگرە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی پەسند کردو یەکێتیی وەك «ڕێکخراوێکی سۆسیال دیموکرات» ناساند کە «لەپێناوی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانیدا، دژی دیکتاتۆری و جەنگ و داگیرکردن و دەستدرێژی، دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و دینی، دژی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دژی تیرۆر و شۆڤێنیزم و کۆنەپەرستی، لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسین و هاوکاری و پێکەوەژیانی گەلان بە ئاشتی و پێکەوە تەبایی تێدەکۆشێ». بەڵام لە مەسەلەی شێوەی تێکەڵ کردنەوەی دوو باڵەکەو دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و شێوەی هەڵبژاردنی سکرتێری گشتیدا، بۆچونی جیاواز هاتە ئاراوەو بووە هۆی پەیدابونی هەندێ گرفت کە دواتر لە ڕێی دایەلۆگەوە چارەسەر کران.

سەبارەت بە ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی، دوو تێڕوانین هاتنە ئاراوە. تێڕوانینی یەکەم پشتگیریی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سکرتێری گشتیی دەکردو تێڕوانینی دووەم پشتگیریی ئەوەی دەکرد کۆنگرە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێرێ و دواتر کۆمیتەی سەرکردایەتی لە یەکەم کۆبونەوەیدا سکرتێری گشتی هەڵبژێرێ. لەم سەروبەندەدا و پاش گفتوگۆیەکی زۆر، ڕێککەوتنێکی مامناوەنجی هاتە ئاراوە کە تێیدا بڕیار درا تاڵەبانی وەك ڕابەری هێڵی گشتی، نەوشیروان مستەفا وەك سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران و دکتۆر فوئاد مەعسوم وەك سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێن و پاشان کۆمیتەی سەرکردایەتی، بەپێی ماددەی ۷ی پەیڕەوی ناوخۆ، لە یەکەم کۆبونەوەیدا سکرتێری گشتی لەو سێ کەسە هەڵبژێرێ. بەڵام پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە بواری جێبەجێ کردندا بە سکرتێری گشتی نەداو لە ماددەی ۹دا لە دیاری کردنی ئەرك و دەسەڵاتەکاندا تەنها دەسەڵاتی پرۆتۆکۆلیی پێ بەخشی.

لە ۱۰ی شوباتدا پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی بەڕێوە چوو و کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی لە ۱۷ ئەندام و ٦ ئەندامی یەدەك هەڵبژێردرا. لە ۱۷ ئەندامەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی، ۱۲ ئەندام سەر بە باڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بون، ۳ ئەندام سەر بە باڵی یەکێتیی شۆڕشگێڕان و ۲ ئەندام سەر بە باڵی هێڵی گشتی بون. سەرەڕای ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی پرۆتۆکۆڵیی بە تاڵەبانی دابوو، بەڵام تاڵەبانی لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتیدا فراکسیۆنە گەورەکەی پێکهێنا چونکە لە سەرجەمی ۱۷ ئەندام ۱۱ ئەندام لایەنگری ئەو بون، لە ناو ئەندامەکانی یەدەکی سەرکردایەتیش لانی کەم نیوەیان لایەنگری تاڵەبانی بون.

بابەتی پەیوەندیدار:

*شەقڵاوە (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکان).

## پاشکۆی ژمارە ١
## چەند پەرەگرافێك لە راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی یەکەم

لەوەتەی شۆڕشی کوردستان هەڵگیرساوە، هەر لە ئەیلولی ١٩٦١وە تا پار، هەمیشە گفتوگۆ ناوبەناو هاتۆتە کایەوە، بە جۆرێك کە بۆتە دیاردەیەکی ناو شۆڕشی کوردستان. بە لای ئێمەوە، هۆیە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە دەگەڕێنەوە بۆ:

١-دروشمی شۆڕشەکە کە هەر داوای ئۆتۆنۆمی لە میری کراوە.

٢-تەبیعەتی شۆڕشەکە کە هەر کوردستانی بووەو نەبۆتە شۆڕشێکی سەرتاسەری عیراق.

٣-هەلومەرجی دەرەوە کە رێگای بە پساندنی پەرژینی ئۆتۆنۆمی نەداوە.

٤-تەبیعەتی دیکتاتۆرییانەی حکومەتەکانی بەغداو زاڵبونی بیروڕای شۆڤێنی یان تەنگبینیی نەتەوایەتی لە ناو گروپەکانی عەرەب کە هەمیشە جیابونەوەیان بە تۆمەت و تاوان داوەتە قەڵەم.

٥-تەرازوی هێزیش وای کردووە هەردوو لایەنەکە هەر ناچاری یەکتر بن و هەر بکەونە گفتوگۆ چونکە هیچ لایەکیان نەیتوانیوە لاکەی تر بە تەواوی بشکێنێت یان ببەزێنێت.


جگە لەو راستییانە، گفتوگۆ ئەنجامی حەتمیی خەباتی هەموو گەلێکی ژێردەستە، تەنانەت ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت، لەوانە شۆڕشەکانی جەزایرو ڤێتنام. هەروەك گفتوگۆ لەم سەردەمەدا زمانی نوێی سەردەمەکەیە. وا هەر لە کەمبۆدیاوە تا ئەفغانستان و فەلەستین و ئەرتریاو ئەمریکای لاتین، گەلان ملی رێی گفتوگۆیان گرتۆتە بەرو وەك پرنسیپ پەسندیان کردووە. گفتوگۆ وەك شێوەیەکی خەبات، وەك جۆرە سیاسییەکەی ململانێ، هەر لە کایەدا بووە. گفتوگۆ وەك شێوازێك بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئەم سەردەمە هاتۆتە کایەوە.

بەڵام چ جۆرە گفتوگۆیەك؟ چۆنێتیی گفتوگۆ؟ دوقوڵی یان بە ئامادەبونی ناوبژیکەر؟ ئەمەیان مایەی بیروڕاو بۆچونی جیاوازە. لە ناو کوردایەتیدا، بە داخەوە زۆر جار وتووێژ لەجیاتی ئەوەی کێشە لە ناو ریزی دوژمن بەرپا بکات، جیاوازیی بیرو بۆچونی لە ناو ریزی کوردایەتی پەیدا کردووە. زۆر بە داخەوە ئەمجارەش هەر وایە.

سەرەڕای ئەمە، گفتوگۆ شتێکەو پێکهاتن شتێکی ترە. هەرچەند هەمیشە گفتوگۆو پێك نەهاتن لە نێوان کوردو میری، بە درێژایی ٣٠ ساڵی رابردوو، بەدی کراوە، کەچی زۆر کەس و لایەن، بەتایبەتی لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و دەرو دراوسێ، ئەم دیاردەیەیان نادیدە گرتووە یان بایەخی پێویستیان پێ نەداوە.

دیارە ئێمە لێرەدا پێویستمان بە هەڵسەنگاندنی گفتوگۆو دیاریکردنی هەڵوێستە، بۆیە دەبێ لەم گفتوگۆیە ورد بینەوە. ئەوەی پێویست بێت بیخەینە روو، ئەمانەی خوارەوەن:

١-ئەمجارە، پێش ئەوەی دوژمن کەرکوك، دهۆك، هەولێرو سلێمانی بگرێتەوە، کورد هەلێکی لەباری گفتوگۆکردنی لەدەست چوو. بڕیار بوو لە ٢٥ یان ٢٧ی ئازار گفتوگۆ دەست پێ بکات، شەڕ بوەستێ و هودنە (ئاگربڕ) رابگەیەندرێ، بەڵام بە داخەوە ئامادە نەبونی هەموو ئەندامانی شاندی کورد لەو کاتەدا، هەلەکەی لە دەست داین. میری پاش گرتنەوەی ئەو شارانە، مەغرور بۆوەو لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆوە. لەو کاتەدا کە کەرکوکیشمان لەبەر دەست بوو و دوژمن شکا بوو و راپەڕین توشی شکست نەهاتبوو، گفتوگۆ زۆرتر لە قازانجی کوردایەتیدا بوو، بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی دوای گرتنەوەی شارەکانمان و شکانی هێزەکانمان و دەرپەڕاندنیان لەو شارانەو




دەربەدەربونی پتر لە دوو ملیۆن کوردو فەوتانی سەدان منداڵ و ژن و پیرو پەککەوتەی کورد.

٢-سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لە ژێر پاڵەپەستۆی روداوەکانداو لەبەر پەرۆشیی بۆ سەدان هەزار کوردی ئاوارەو پەرۆشیی بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ماڵ و شارو شارۆچکەکانی خۆیان و پاراستنی شۆڕش و ناوچە رزگارکراوەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بۆ ئەوەی نەبن بە ئاوارە لە وڵاتانی دەرو دراوسێ و بە مەبەستی خۆ گرتنەوەو پشودان و بوژانەوەو بەدەستهێنانی کات بۆ کۆکردنەوەو سازدانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە ناچاری بڕیاری ناردنی شاندی دا بۆ گفتوگۆ.

ئێستا کە چاو بە رابردوودا دەخشێنینەوە، سەبارەت بە شێوەی گفتوگۆکەمان رەخنەمان دێتە سەر.

هەیە دەڵێ دەبوایە بەپێی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گفتوگۆمان بکردایە. بەش بە حاڵی خۆمان، ئەم رەخنەیەمان بە لاوە راست و رەوایە، واتە دەبوایە ئەوەندەش خۆمان گرتبا تا ئەنجامەکانی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ دەردەکەوتن و بەری هەوڵ و کۆششی دەوڵەتانمان دەدیت. بەڵێ راستە لەو کاتەدا وەزعی خەڵك زۆر زۆر خراپ بوو. بەڵێ راستە لەو کاتەدا ورەی خەڵك زۆر زۆر هاتبووە خوار. جوڵانەوەکە لە هەڵچونەوە گلۆر ببۆوە بەرەو پاشەکشەیەکی خراپ.

بەڵێ راستە لەو کاتەدا پێشمەرگەو چەکدارەکانی تر زۆربەی هەرە زۆریان ورەیان دابەزی بوو و رویان لە هەڵهاتن بەرەو تورکیاو ئێران بوو تا هەر کەسەو ماڵ و کەسوکاری خۆی رزگار بکات. بەڵێ راستە هۆیەکی گەورەی ئەو کارەساتە چاوەڕواننەکراوە، ئەو چرا سەوزە بوو کە ژەنراڵ شوارتزکۆف بۆ رژێمی دیکتاتۆری هەڵکردبوو تاکو پەلاماری کوردستان بدا نەك رێگریی لێ بکرێ، وەك پاشان بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش کردی.

لەگەڵ هەموو ئەم راستییانەدا، ئەگەر سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی نەختێکی تر دانی بە خۆیدا بگرتایە و لەجیاتی ناردنی شاند بۆ بەغدا شاندێکی گرنگی بۆ دەرەوە ناردبا، دەیتوانی هەم گفتوگۆ بەسەر بەغدادا بسەپێنێ هەم ناوچەی پارێزراو فراوانتر بکات و گەرەنتییەکی نێودەوڵەتی بۆ پێکهاتن لەگەڵ عیراق بە دەست بهێنێ.

بۆیە هەقە ئەو رەخنە رەوایەمان قبوڵ بێت کە دەبوایە پەلە نەکەین لە ناردنی شاندی گفتوگۆ بۆ بەغدا و بەو شێوەیە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا نەکەین.

٣-هەم لە شێوەو شوێنی گفتوگۆکەدا هەم لە چاك

و دووربینانە بەکار نەهێنانی کارتەکانی بەردەستی خۆماندا، کەموکورتی و ناتەواویی دیارمان هەبوە.

من بەش بە حاڵی خۆم ئەو رەخنەیەم قبوڵە کە لێمان دەگیرێ، هەم لەسەر ماچوموچەکەو هەم لەسەر خۆشباوەڕی بەو بەڵێنانەی کە کاربەدەستانی میری پێیان داین و گوتیان ئامادەن بۆ پەسندکردنی ریفۆرمە دیموکراتییەکان و سەلماندنی مافی مرۆڤ و نەهێشتنی تەعریب و تەبعیسی بەزۆر و جێبەجێ کردنی دەقی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و ئاسایی کردنەوەی دۆخ لە هەموو کوردستاندا. دەبوایە تەبیعەتی ئەو دیکتاتۆریەتەو فێڵبازی و تەڵەکەبازیی عەفلەقییەکانمان لە بیر نەچێت.

٤-زۆری نەخایاند دەرکەوت ئەو خۆشبینییەی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لە جێی خۆیدا نەبوو کە گوایە میرییەکی شکاو لە شەڕی خەلیج بۆ پاراستنی خۆی و رژێمەکەی زۆر ئیشی بە رێککەوتن لەگەڵ کورد هەیە، بۆیە ناچارە هیچ نەبێ هەندێ لە مافە رەواکانی بسەلمێنێت. بە پێچەوانەوە، دەرکەوت میری تەنانەت لە هەندێ ماددەی بەیاننامەی ١١ی ئازاریش پەشیمانەو لە هەندێ بەڵێنی خۆیشی پەشیمان بۆتەوە. هەر بۆ نمونە:

١-پێشتر گوتیان بەس دابەشکردنی عیراق نەبێت، بۆ هەموو شتێکی تر ئامادەین، تەنانەت ئامادەین باسی فیدرالیش بکەین، کەچی لە یەکەم خولی گفتوگۆدا لەسەر بەیاننامەی ١١ی ئازار هەڵنیشتنەوە.

٢-لە سەرەتادا گوتیان ئەگەر کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال یان هەر کامیان بێن، لە چەند سەعاتێکدا هەموو شتێك دەبڕێنینەوە. کەچی کاتێك شاندی یەکەم چوو، دوای چوار پێنج رۆژ پێیان راگەیاند کە بگەڕێنەوە پەیپەرەکانتان بە تێروتەسەلی ئامادە بکەن و بۆمان بنێرن.

٣-لە رۆژەکانی یەکەمی گفتوگۆدا لەسەر ناونیشانی «دیموکراسی و مافی مرۆڤ» رازی بون و بەڵێنیان دا کە هەموو ناوەڕۆکی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ بخەنە ناو هەموو یاسا جیاجیاکانی عیراقەوە، کەچی پاشان داوای سڕینەوەی مافی مرۆڤیان لە ناونیشانی پەیپەری دووەم کرد کە ئێمە پێشکەشمان کردبوو.

٤-لە خولی یەکەمدا سەرۆکی شاندی میری رایگەیاند کە بە یەکجاری وازیان لە سیاسەتی تەعریبی کوردستان و بەزۆر بە بەعسی کردنی خەڵك هێناوە، کەچی زۆری پێ نەچوو ٢٧٢٧ ماڵی عەرەبی تریان بۆ کەرکوك هێناو زەویوزاری کوردیان بەسەردا دابەش کردنەوە. چەندین نمونەی تریش لەم بارەیەوە هەیە.

٥-جار دوای جار میری زیاتر پێی دادەگرت و داخوازییەکانی ئێمەی کەم دەکردەوەو زۆرتری پێ دەهێنایەنە خوارێ تا کاری گەیاندە ئەوەی کە ئێستا لە جیاتی دانەوەی مافە زەوتکراوەکانمان، دەیەوێ دەستکەوت لە ئێمە بەدەست بێنێ، ئەویش لەسەر حیسابی بیروباوەڕمان و رابردوو و دواڕۆژمان. لەوەوە کە باسیان دەکرد نەك هەر شاری کەرکوك بەڵکو رەنگە هەموو پارێزگای کەرکوك سوپرایزی سەرۆکی کۆمار بێ، هاتنە سەر ئەوەی بڵێن کەرکوك کتومت وەك کەربەلا وایەو عەرەبە، تەنانەت قبوڵیان نەبوو تاوتوێ کردنی مەسەلەی کەرکوك بۆ دواڕۆژ دوا بخەن، بەڵکو هاتنە سەر ئەوەی کە یەك مافمان پێ رەوا ببینن ئەویش مافی فرمێسك رشتنە بۆ کەرکوك وەك ئەوەی ئەوان بۆ ئەندەلوسی دەڕێژن.

واتە ئێستا میری بە ئاشکرا دەری بڕیوە کە:

١-کەرکوك، خانەقین، مەندەلی، شێخان، عێن زالە، زوممار، تەلەعفەرو شنگال بەشی کوردستانی عیراق نین، بەڵکو ناوچەی عەرەبن یاخود بۆ ئاسایشی نەتەوەیی عیراق پێویستن. ئەمەش دوو ئەنجامی

ناڕەوایان لێ دەکەوێتەوە:

یەکەمیان، دابڕاندنی نیوەی پتری کوردستانی عیراق لە کوردستانی ئۆتۆنۆم.

دووەمیان، سوکایەتی کردن بە گەلی کوردستان و تۆمەتبارکردنی بەوەی کە مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی عیراق.

سەیر ئەوەیە کە ئەو رژێمەی ئەو بوختانە بە خەڵکی کوردستان و بەرەی کوردستانی دەکات، خۆی هەموو عیراقی بە گەل و خاکەوە، بە ئابوری و لەشکرەوە، چەندین جار خستۆتە خەتەری تیاچون و پارچە پارچە بون و لەبەریەك هەڵوەشانەوە، خۆی زۆربەی بنەمای ئابوریی عیراقی کاول کردووە یان بە کاولکردنی داوەو نزیکەی ٢٤٠ ملیار دۆلاری داهاتی نەوت و ١٠٠ ملیار قەرزیشی لە سەردەمی حوکمڕانیی سەددام حسێن بەفیڕۆ داوە، جگە لەوەی کە دنیا داوای پتر لە ١٠٠ هەزار ملیۆن دۆلارو ئێرانیش داوای هەزار بلیۆن دۆلار وەك قەرەبوی جەنگ لە عیراق دەکات.

رژێمێك سەدان هەزار عیراقیی بە کوشتن داوەو خۆیشی سەدان هەزار عیراقیی تری بە چەکی کیمیایی و شەڕی جینۆساید و ئیعدامی بەکۆمەڵ کوشتووە. رژێمێك عیراقی گەیاندۆتە دۆخی شەرمەزاری و چۆکدادان بەرامبەر بە دەرەوە کە بێ وێنەیە لە مێژوی دەوڵەتاندا. بەڵێ ئەم رژێمە هێشتا باقیی لێمان دەوێتەوە.

٢-رژێم دیموکراسی و ریفۆرمە دیموکراتییەکان و ئازادییە دیموکراتییەکان پێشێل دەکات و ئامادە نیە دیموکراسی و ریفۆرمەکان و ئازادییەکان بۆ خەڵك بسەلمێنێت، مافی مرۆڤ بە دیاردەیەکی بورژوازی و رۆژئاوایی دەداتە قەڵەم، سورە لەسەر مانەوەی بە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کە دەکاتە خودی سەددام حسێن و سورە لەسەر ئەوەی کە دەبێ هەر ئەو ئەنجومەنە دەستوری هەمیشەیی دابنێ.

واتە ئەم رژێمە دیموکراسی و مافی مرۆڤ بە هیچ جۆرێك قبوڵ ناکات.

٣-دیکتاتۆریای تاکڕەوانەی سەددام حسێن و قۆرخ کردنی دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەری و کاروباری دەرەوەو ناوەوە لە لایەن «حزبی سەرکردەوە» و سەپاندنی دەسەڵاتی ئەو حزبە بۆ هەتا هەتایە بەسەر گەلی عیراقدا ( بە خەڵکی کوردستانیشەوە).

٤-رژێم ئۆتۆنۆمیی راستەقینەمان بۆ ناسەلمێنێت.

٥-رژێم لایەنی کەمی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کە لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە بە ئیمزای هەر هەشت لێپرسراوی لایەنەکانی دیاری کراوە، ناسەلمێنێت و دانیان پێدا نانێت.

٦-سەرەڕای هەموو ئەمانە، هێشتا رژێم داوامان لێ دەکات لە بەیاننامەیەکی سیاسی و لە پەیمانێکی فەرمیی نێوان حزبی بەعس و بەرەی کوردستانیدا ئەم داوا ناڕەواو بێجێ و خراپ و سامناکانە بسەلمێنین:

أ-داننان بە سەرکردایەتیی دیکتاتۆری عیراق بۆ هەتا هەتایەو پێ هەڵگوتن و شاباش بەسەردا هەڵدان و کڕنوش بۆ بردنی.

ب-داننان بە مافی قۆرخ کردنی سیاسی، عەسکەری، دەرەکی و ناوەکی و بەڕێوەبردنی هەموو دەزگا داپڵۆسێنەرەکان لە لایەن حزبی بەعس و سەرکردەکەیەوە.

پ-دوژمنایەتی کردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق.

ت-دوژمنایەتی کردنی هەموو دەرو دراسێکانمان.

ج-دوژمنایەتی کردنی هەموو ئەوروپاو ئەمریکاو ئەوەی میری ناوی ناوە پیلانی ئیمپریالیستی و زایۆنیستی.

چ-بڕینی پەیوەندی لەگەڵ هەموو حزبە کوردستانییەکان و حزبە دۆستەکانی دنیا مەگەر بە ئەمر و رەزامەندیی رژێم بێ.

ح-بڕینی هەموو پەیوەندییەکانی دەرەوەمان، پەکخستنی چالاکیی دیپلۆماتکارانەو سیاسیمان لە دەرەوەی عیراق، واتە گێڕانەوەمان بۆ قەفەزە ئاسنینەکەی خۆی بۆ ئەوەی رەوشی لەباری نێودەوڵەتیمان لە کیس بدات و هەر کات ویستی بە ئەسپایی بمانخکێنێت.

ئەمانەو چەندین شتی تری نارەوا کە دەچنە خانەی دیکتاتۆریەت و دەبنە گۆپاڵی دەستی تاکە دیکتاتۆری عیراق بۆ ئەوەی بتوانێ حوکمی لەرزۆکی دیکتاتۆریی خوێناویی خۆی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و کوردستاندا بسەپێنێت. پاداشتەکەشمان نەك هەر لەدەستدانی هەموو بیروباوەڕمانە، بەڵکو ئابڕوچونی سیاسیشمانە بۆ هەتا هەتایە، لەدەستدانی دۆست و هاوپەیمانەکانی ناو عیراق و ناوچەکەو دنیایە، بوونە بە کوتەکی دەستی دیکتاتۆریەت و حزبە بەعسییەکەی بە بێ ئەوەی مافی ئەو بەزۆر بەعسیبونەشمان بداتێ.

جا هەڤاڵینە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چۆن دەتوانێ ئەم جۆرە رێککەوتنە ئیمزا بکات؟ چۆن دەتوانێ دەست لە بیروباوەڕو سەروەری و رابردوو و داهاتووی خۆی و خەڵکی کوردستان هەڵگرێ؟ هەر بۆیەش پرۆژەی رێککەوتنەکەمان رەت کردەوە، ئەویش بە بڕیاری گشت کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئێستاش دوای ئەم تاقیکردنەوە تفت و تاڵە، ئەمجارە بۆمان دەرکەوتەوە کە میری رێککەوتنی ناوێت، ئامادە نیە لایەنی کەمی داخوازییەکانی کورد بسەلمێنێت بەڵکو نیازە گڵاوەکەی ئەمانەی خوارەوەیە:

١-لێکترازاندنی ریزەکانی گەلی کوردستان بە دابڕینی برا تورکمان و برا ئاشورییەکان لە برا کوردەکانیان بەوەی کە ئامادە نەبوو مافەکانی برا ئاشوری و برا تورکمانەکانمان بسەلمێنێت و بەوەش کە هەولّی دا ئەم هەڵوێستە شۆڤێنییە بەسەر شاندی بەرەی کوردستانیدا بسەپێنێ، ئینجا دەیەوێ خۆی پشی پشییان لێ بکات و بە لای خۆیدا رایان بکێشێت.

٢-لێکترازاندنی ریزەکانی گەلی کوردستان بە ناکۆکی خستنە ناو بەرەی کوردستانی و راکێشانەوەی هەندێ سەرۆکی عەشیرەت و فەرماندەی مەفرەزە تایبەتەکان بە لای خۆیدا و دروستکردنی هێزی سوك و چروك لە ناو کوردەواریدا بۆ بەکارهێنانیان دژی کوردایەتی.

٣-دورخستنەوەی کوردایەتی لە دنیاو گەڕانەوەمان بۆ ناو قەفەزە ئاسنینەکەی دیکتاتۆری و بە تەواوی پەکخستنی بەنێودەوڵەتیبونی کێشەی رەوای کورد.

٤-بەدەستهێنانی کاتی پێویست بۆ خۆ بەهێزکردن و رێکخستنەوەی لەشکرو بوژاندنەوەی ورەو وزەی هێزەکانی لە ئایندەدا.

٥-دابڕینمان لە دۆستەکانمان لە دەرەوەو ناوەوە، لە ناوچەکەو لە دنیاو بڕینی یارمەتیی دەرەوە لێمان.

٦-دابڕینی شۆڕشی کوردستان لە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و کزو لاوازکردنی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بەم دابڕینە بۆ درێژەپێدانی حوکمی دیکتاتۆریی خۆی.

٧-دابڕینی کوردایەتی و مەسەلەی کوردستانی عیراق لە مەسەلەی دیموکراسی و گۆڕینی رژێم بۆ چەسپاندنی حوکمە دیکتاتۆرییەکەی خۆی.

بەڵێ هەڤاڵینە

جگە لەو راستییانەی سەرەوە، رژێم نیازی سەلماندنی مافە رەواکانی کوردایەتی و شۆڕشەکەمانی نیە. هەر بۆیە پێویستە چاو بە گفتوگۆدا، بە شێوەکەیدا، بە داخوازییەکانماندا بخشێنینەوە. بە لای ئێمەوە، بەلاوەنانی پرنسیپی گفتوگۆ کارێکی راست نیە، بەڵام لەمەولا دەتوانین داوا بکەین گفتوگۆ لەگەڵ میری بەپێی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و لە ژێر چاودێرییدا بێت و

ئەو گفتوگۆیەش بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان کوردستان و ناوەند لە لایەن ئەنجومەنی جێبەجێکاری هەڵبژێردراوەوە بەڕێوە بچێت. داواکانیشمان بریتین لە پێداگرتن لەسەر دیموکراسی لە جیاتی دیکتاتۆری، مافی چارەی خۆنوسین لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتدا لەجیاتی ئۆتۆنۆمی، هەردوکیشیان بە گەرەنتیی نێودەوڵەتی و بە تۆمارکردنی رێککەوتنی رەچاوکراو لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

******

دیموکراسی بۆ عیراق نەك هەر پەناسیایە، واتە دەرمانی هەموو دەردێکە، بەڵکو پێویستییەکی ژیانیشە. دیکتاتۆریەتیش نە باوی ماوە نە دەورانی، بەڵکو لابردنی دیکتاتۆریەت و هێنانە کایەی دیموکراسی بۆتە کارێکی پێویست بۆ رزگاربونی عیراق لە قاتوقڕی و گرانی و برسێتی و کاولی و کوێرەوەری، بۆ رزگاربونی عیراق لەو پاشەڕۆژە رەشەی چاوەڕوانێتی، لەو هەموو سزاو ئابڵوقەو قەرزو هەڕەشەیەی لێی دەکرێ. دیکتاتۆری، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر مان و ژیانی عیراق. لە هەمان کاتدا دیموکراسی تاکە رێگای پاراستنی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق و مانەوەی دەوڵەتی عیراقە. بۆیە، ئەمڕۆ دیموکراسی و رزگاریی عیراق بە کوردستانەوە لەو هەموو ئەو بەڵاو کارەساتەی کە دیکتاتۆریەت بەسەریدا هێناوە، بە توندی پێکەوە بەستراونەتەوە. تەنانەت بۆ رزگاریی بەشە داگیرکراوەکەی کوردستانیش و هەروەها بۆ پاراستنی بەشە رزگارەکەی کوردستان، دیسان هەر دیموکراسی پێویستە. هەروەها دیموکراسی بۆ رزگاربونی کوردستان لە تەعریبی زۆردارەکی و دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی پێویستە.

هەر بۆیە ئەمڕۆ رزگاربون لە دیکتاتۆری و هێنانە کایەی دیموکراسی، مەرجێکی سەرەکیی سەرخستنی کوردایەتییە.

جا بۆ رزگاربون لە دیکتاتۆری، پێویستە لە سەرێکەوە هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق پتەوتر بکەین و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دەرو دراوسێ و دنیای دژ بە دیکتاتۆری بەدی بێنین، بەتایبەتی لەگەڵ ئەورووپاو ئەمریکا.

****

ئایا چۆن مافی چارەی خۆنوسینی گەلەکەمان دابین بکەین؟ واتە ئێمە گەلەکەمان بۆ چ ئامانجێك هان بدەین؟ بۆ جیابونەوەو سەربەخۆیی یان بۆ پێکەوەژیانی کوردو عەرەب لە ناو یەك دەوڵەتدا؟

بە لای منەوە، ئەمڕۆ دەبێ ئێمە داوای یەکێتیی ئارەزومەندانەی ئازاد لە نێوان کوردو عەرەب بکەین لەسەر بناغەی مافی چارەی خۆنوسین لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتی سەربەخۆدا. جا ئەگەر خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە ئەمەیان پەسند کرد، ئەوا یەکگرتنەکەمان لەگەڵ عەرەبی عیراق دەبێتە یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی ئازاد لە رێی بەکارهێنانی مافی چارەی خۆنوسینەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوی کردۆتەوە کە یەکێتیی ئارەزمەندانەی بە لاوە پەسندە. لە بڵاوکراوەیەکی خۆیدا کە بە زمانی عەرەبی دەرچووە، گوتویەتی «یەکێتیی ئارەزومەندانە چارەسەرێکی دروستی نمونەییە بۆ هێنانە کایەی پێکەوەژیانی برایانە لە نێوان کوردو عەرەب. یەکێتیی ئارەزمەندانە زادەی مافی چارەی خۆنوسینە و پشت ئەستورە بە ویستی ئازادانەی هەردوو گەلی کوردو عەرەب لەسەر بناغەیەکی بەهێز. یەکێتیی ئارەزومەندانە حکومەتێکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەندیدا دەسەلمێنێ و ئاواتە نیشتمانی و دیموکراتییەکان بەدی دێنێ، هەروەك ناوەڕۆکی مافی چارەی خۆنوسین بەدی دێنێ و پێکەوەژیان

و هاوكاری و تێكۆشانی هاوبەشی هەردوو گەلی كوردو عەرەب دەستەبەر دەكات».

هەروەها لە بڵاوكراوەكەدا هاتووە كە «یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بەردەوام بووە لەسەر پەروەردەكردنی كۆمەڵانی خەڵكی كورد بە برایەتیی تێكۆشەرانەی كوردو عەرەب و هاوخەباتیی هەردوو نەتەوەی برای كوردو عەرەب و هاوخەباتیی هێزە پێشكەوتنخوازو شۆڕشگێڕەكانیان دژی ئیمپریالیزم و دیكتاتۆری و كۆنەپەرستی، لەپێناوی ئەوەی كە گەلی كورد لە كاتی بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسیندا یەكێتیی ئارەزومەندانەی ئازاد نەك جیابونەوە هەڵبژێرێت، هەرچەند جیابونەوە بەشێكی مافی چارەی خۆنوسین پێكدێنێ، ئەمەش چونكە یەكێتیی ئارەزومەندانەی ئازاد لە نێوان هەردوو گەلی برای كوردو عەرەب لە سایەی یەك دەوڵەتی فیدرالداو لەسەر بنەمای یەكسانیی راستەقینەی تەواو و پیادەكردنی دیموكراسیی راستەقینەی تەواو، بەرژەوەندییە راستەقینەو بنەڕەتییەكانی جەماوەری هەردوو گەلی كورد و عەرەب بەدی دێنێت».

هەر لە هەمان باسدا وتومانە «ئەو شێوەیەی مافی چارەی خۆنوسین كە ئێمە بۆ دەوڵەتی عیراقی بە گونجاو دەزانین ئەوەیە كە گەلی كورد مافی چارەی خۆنوسین بەدەست بێنێ و دەوڵەتی عیراق ئەم مافە بسەلمێنێ، پاشان ریفراندۆمێكی ئازاد بكرێ، تێیدا گەلی كورد بە ویستی ئازادی خۆی بڕیار لەسەر مافی چارەی خۆنوسین بدات، بەو مەرجەی كە هێزە پێشكەوتنخوازەكانی كورد جەماوەری گەل هان بدەن دەنگ بە یەكێتیی ئارەزومەندانە بدات».

جا هەڤاڵینە، ئەو یەكێتییە ئارەزومەندانەیەی كە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ بەدواوە داوای كردووە، پێمان وایە ئێستا رەوشەكە بۆ جێبەجێ كردنی زۆر لەبارتر بێت. جارێ هەرەس هێنانی یەكێتیی سۆڤێت و یۆگۆسلاڤیا دوو راستیی تازەی هێنایە كایەوە:

١-چیتر سنوری دەوڵەتە فرە نەتەوەكان پیرۆزو نەگۆڕ نیە.

٢-چیتر جیابونەوەو سەربەخۆیی بەشێك لە گەلێكی دابەشكراو قەدەغەو مەحاڵ نیە وەك لە نمونە جیابونەوەی ئازەربایجان، توركمانستان، ئەرمەنستان و چەند دەوڵەتێكی تردا دەبینرێ. جگە لەمە، هەرگیز كوردایەتی وا بەهێزو دوژمنەكەشی وا بێهێز و لاوازو ریسوا نەبوە.

******

لە ناو بەرەی كوردستانیدا نێوانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان بایەخێكی تایبەتی هەیە، بۆیە دەبێ زۆر بە پەرۆشەوەو زۆر بە جیددی و دڵسۆزییەوە بیپارێزین و گەشەی پێ بدەین و ماوە نەدەین ئەو پەیوەندییە بە هیچ رودااو ناكۆكییەك لێمان هەڵوەشێتەوە یان خوا نەخواستە تێك بچێت.

نێوانی ئێمە لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەرۆكایەتیی برای خۆشەویستمان كاك مەسعود بارزانی لەم هەلومەرجە لەبارو باشەدا كە بۆ گەلەكەمان رەخساوە، بایەخێكی مێژویی هەیە، چونكە پێكهاتنی پارتی و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەسەر بەرنامەیەكی عەمەلی بۆ پاراستنی كوردستان و حوكمڕانیی خەڵكی كوردستان و ئیدارەیەكی دیموكراتی، دور لە دەسەڵاتی دیكتاتۆری بەغدا، دەبێتە هۆی بەرەو پێش بردنی كوردەواری و كوردایەتی بەرەو رزگاری و دیموكراسی.

هاوكاری و تەبایی نێوان یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی و پێكهاتنیان لەسەر پاراستنی پرنسیپەكانی بەرەی كوردستانی وەك لە پەیمانەكەیدا

هاتون و لەسەر چۆنێتیی کەڵك وەرگرتن لەو هەلە مێژوییەی کە بۆ کوردو کوردستان هاتۆتە پێش، بایەخێکی ژیانی، مێژویی تایبەت و گرنگی هەیە. دە با بە هەموو هێزو توانامانەوە لەپێناوی ئەمەدا خەبات بکەین. دە با بە دڵ و بە گیان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکە مێژوییە خەبات بکەین. دە با هیچ کەمتەرخەمی نەکەین لە پتەوکردنی ئەم یەکگرتن و هاوکارییە لەسەر بناغەی توندوتۆڵیی بیروباوەڕو پرنسیپەکانی رزگاری و دیموکراسی. هیوادارم بەشداریی شاندی پارتی بە سەرۆکایەتیی برای خۆشەویستمان کاك مەسعود بارزانی لە کۆنگرەکەمان، هاندەرێك بێت بۆ دەستەبەرکردنی بەدیهێنانی ئەم ئاواتەی گەلەکەمان.

دیارە ئێمە لە کاتێکدا دەمانەوێ لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی نێوانمان خۆشتر بکەین و بایەخێکی تایبەتیش بە نێوانی خۆمان و پارتی بدەین، لە هەمان کاتدا نێوانی خۆمان لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە تایبەتی و لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بە گشتی، خۆشتر دەکەین.

ئێمە زۆریشمان بە لاوە گرنگە لەگەڵ برایانی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوریی ناو بەرەی کوردستانی و پارتی نیشتمانیی تورکمانی دەرەوەی بەرە، نێوانمان خۆشتر بکەین. ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بەرگری لە مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانیان بکەین و هەوڵ دەدەین لە کوردستان یەکسان بن لەگەڵ برا کوردەکانیان و هیچ جۆرە جیاوازییەکیان لە نێواندا نەبێت.

ئێمە راستگۆیی کوردایەتی و پێشکەوتنخوازیی حزب و رێکخراوەکان لەوەدا دەبینین کە بە دڵ و بە گیان پارێزگاری لە برا تورکمان و برا ئاشورییەکانمان بکەن و لەسەریان هەڵبدەن و خەبات بۆ بەدەستهێنانی هەموو مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانیان بکەن. دەبێ ئەو تێڕوانینە درۆو ناڕاستەی رژێمی دیکتاتۆر رەت بکەینەوە کە بونی ئەم دوو پێکهاتەیە ناسەلمێنێ، یەکێکیان بە عەرەب و ئەوی تریان بە میوان دادەنێت.

سەرچاوە: جەلال تاڵەبانی، راپۆرتی سیاسی، چاپی دووەم، بەشی روناکبیریی مەکتەبی رێکخستن، سلێمانی، ۲۰۰۰.

## پاشکۆ ۲

### ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە ماوەی نێوان کۆنگرەی یەکەم و دووەمدا

**(۱۹۹۲-۲۰۰۱)**

یەکەم: ئەندامانی هەڵبژێردراو لە کۆنگرە

۱-جەلال تاڵەبانی (راستەوخۆ).
۲-نەوشیروان مستەفا ئەمین (راستەوخۆ).
۳-دکتۆر فوئاد مەعسوم (راستەوخۆ).
٤-قادر حاجی عەلی.
٥-عومەر فەتاح.
٦-کۆسرەت رەسول عەلی.
۷-حەسەن کوێستانی .
۸-دکتۆر کەمال فوئاد.
۹-عومەر سەید عەلی.
۱۰-جەبار فەرمان.
۱۱-ئەرسەلان بایز.
۱۲-مستەفا چاوڕەش.
۱۳-چەتۆ حەوێزی.
١٤-کوردۆ قاسم.
۱٥-عارف روشدی.

١٦-محەمەد تۆفیق رەحیم.
١٧-دکتۆر بەرهەم ساڵح.
یەدەکەکان:
١-دارۆ شێخ نوری.
٢-سەعدون یەدوڵڵا شەفی.
٣-شێردڵ حەوێزی.
٤-حازم یوسفی.
٥-شاخەوان عەباس.
٦-شۆڕش ئیسماعیل.

دووەم: ئەو ئەندامانەی لە حزبەکانی ترەوە هاتنە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی

١-مەلا بەختیار (حزبی زەحمەتکێشان).
٢-عیماد ئەحمەد (حزبی زەحمەتکێشان).
٣-ئەبوبەکر خۆشناو (حزبی زەحمەتکێشان).
٤-سالار عەزیز (حزبی زەحمەتکێشان).
٥-مەحمود خدر حسێن (گۆران) (پارتی کۆمۆنیستی عیراق).
٦-رەسول مامەند (حزبی سۆسیالیست).
٧-محەمەد شاکەلی (حزبی سۆسیالیست).
٨-بەهرۆز گەلاڵی (حزبی سۆسیالیست).
٩-شیروان شیرەوەندی (حزبی سۆسیالیست).
١٠-عەدنان موفتی (حزبی سۆسیالیست).

سێیەم: ئەندامانی دێرینی سەرکردایەتی کە پاش گەڕانەوەیان بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پلەی ئەندامی سەرکردایەتییان بەدەست هێنایەوە.

١-عادل موراد.
٢-فەرەیدون عەبدولقادر.
٣-عومەر عەبدوڵڵا.

چوارەم: ئەو کادیرانەی که لە ساڵی ١٩٩٦دا بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی کرانە ئەندامی سەرکردایەتی

١-مستەفا سەید قادر.
٢-جەلال جەوهەر.
٣-عوسمان حاجی مەحمود.

## پاشکۆ ژمارە ٣

## بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم (١٩٩٢)

پێناس: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێکخراوێکی سۆسیال دیموکراتە، لەپێناوی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانیدا، دژی دیکتاتۆری و جەنگو داگیرکردنو دەستدرێژی، دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و دینی، دژی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دژی تیرۆر و دژی شۆڤێنیزمو کۆنەپەرستی، لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسین و هاوکاریو پێکەوەژیانی گەلان بە ئاشتی و پێکەوە تەبایی تێدەکۆشێ.

یەکەم : ناو - یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

دووەم : ئەندامێتی — هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان دەتوانێ ببێ بە ئەندام لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەم مەرجانەی خوارەوە :-

١- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت.
٢- بڕوای بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبێ.
٣- ئەندامانە بێت.
٤- لە یەکێ لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا کار بکات یان کارێك بۆ یەکێتی بگرێتە ئەستۆ.
٥- لانی کەمی هۆشیاریی سیاسیو نیشتمانی و چینایەتیی هەبێت.
٦- ناوبانگی لە ناو خەڵکدا باش بێت و دەست و دەم و داوێنی پاك بێت.

٧- بێ ئاگاداریی یەکێتی لە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی تردا کار نەکات.

سێیەم : ئەرکەکانی ئەندام.

١- بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی یەکێتی دڵسۆزانە کار بکات.

٢- هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و هۆشیاریی خۆی بدات.

٣- پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا باش بێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەوڵ بدا و بەدەنگیانەوە بچێت.

٤- نهێنییەکانی ڕێکخستن بپارێزێ و ڕاستی لەیەکێتی نەشارێتەوە.

٥- یەکێتیی ریزەکانی یەکێتی بپارێزێت.

٦- بەرژەوەندیی یەکێتی بخاتە سەرووی بەرژەوەندیی خۆیەوە.

چوارەم: مافەکانی ئەندام

١- هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردن بۆ هەموو ئۆرگانەکانی ڕێکخستنی یەکێتی بەپێی ئەو مەرجانەی لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا هاتووە.

٢- پرسیار و پێشنیارکردن و رەخنەگرتن لە هەر ئەندام و ئۆرگانێکی یەکێتی و هەموو مەسەلەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و دارایی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

٣- لە کاتی لێپرسینەوەو سزاداندا مافی بەرگری لە خۆو ڕووبەڕوو بوونەوەی هەیە.

٤- لە کاتی پێویست و تەنگانەدا مافی داواکردنی یارمەتیی بۆ خۆی و خێزانەکەی هەیە.

٥- کادیری پیشەیی یارمەتیی مانگانەی ئەبێت کە لە لایەن سەرکردایەتییەوە بۆی ئەبڕێتەوە و لە کاتی پیری و نەخۆشی و گرتندا دوای شەهیدبوون و مردنیدا یارمەتیی خێزانەکەی بەبەردەوامی بدرێ.

٦- مافی پاراستن و گەشەپێدانی ڕاگەیاندنی بیروڕایی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەیە.

٧- هەموو ئەندامێك مافی وازهێنانی لە یەکێتی هەیە.

پێنجەم: سزادان لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا

١- جۆرەکانی سزادان لە ناو یەکێتیدا ئەمانەن (ئاگادارکردن — سەرنجڕاکێشان —لە کارخستن — دەرکردن)

٢- هەر ئەندامێك لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەر شانی کەمتەرخەمی بکات، بە پێی پلەی کەمتەرخەمییەکەی سزا دەدرێت.

٣- ئەگەر ئەندامێك سەرپێچی کرد لە ئاستی ئۆرگانەکانی سەرووی، پاش ئاگادارکردن و سەرنجڕاکێشان لەسەر سەرپێچییەکەی، ئەگەر بەردەوام بوو، ئەو کاتە بۆ ماوەی ساڵێك یان کەمتر لەکار دەخرێ. ئەندام لە کاتی لەکارخستندا مافی ئەندامەتیی نابێ.

٤- لە ئەندامەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەکەوێ هەر کەسێك :

أ — نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدرکێنێ بە شێوەیەکی زیانبەخشانە کە دوژمن سوودی لێوەربگرێ.

ب — پەیوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دوژمن پەیدا بکات.

ج — هەوڵی تێکدانی ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدات.

د — بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەو یەکێتی بەکار بهێنێ بۆ سوودی تایبەتی خۆی.

هـ - دژی بەرنامە و پەیڕەوی یەکێتی کار بکات.

٥ — ئەگەر ئەندام سزادانەکەی بە لاوە ڕەوا

نەبوو، مافی داواکردنی لێکۆڵینەوەی هەیە لە لایەن دەزگاکانی سەرووترەوە، ئەگەر بە بڕیاری ئەویش رازی نەبێ ئەوا دەتوانێ داوای لێکۆڵینەوە لەبەرزترین دەسەڵاتی یەکێتی بکات تا ئەگاتە کۆنگرەی گشتی، بڕیاری کۆنگرە دوا بڕیارە.

شەشەم : أ — ئۆرگانەکانی یەکێتی

رێکخستنی یەکێتی لەسەر ئەم بنچینەیەی خوارەوە پێکدێ ( لەخوارەوە بۆ سەرەوە) شانە، پۆل، کەرتی رێکخستن، کۆمیتە، مەڵبەندی رێکخستن، کۆمیتەی سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی، کۆبونەوەی فراوان، کۆنگرە.

ب- ئۆرگانەکانی پۆل، کەرتی رێکخستن، کۆمیتە، مەڵبەند، کۆمیتەی سەرکردایەتی بەهەڵبژاردن دەبێ.

ج — بڕیاردان لە ئۆرگانەکاندا بە زۆرایەتی و کەمایەتی دەبێت. ئۆرگانەکاندا.

١- شانە: بنکەی رێکخستنە و ئۆرگانی راستەوخۆی یەکێتییە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا و بەگوێرەی هەل و مەرجی سیاسی ژمارەی ئەندامەکانی دیاری دەکرێت، ئەرك و دەسەڵاتی بەم جۆرەیە : -

أ- بڵاوکردنەوەی بیروڕای یەکێتی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا.

ب — لە سنووری چالاکییەکانی خۆی هەوڵ ئەدا بۆ رابەرایەتیی خەڵك، بە پێی سیاسەتی گشتیی یەکێتی و بۆچوونەکانی.

ج — پەیداکردنی دۆست و لایەنگر بۆ یەکێتی .

د — لە دەرەوەی ئۆرگانەکانی رێکخستندا لایەنگران رێك بخات.

ه — هەوڵ ئەدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانیارییان.

و — ئابونە و یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی یەکێتی کۆدەکاتەوە و ئەینێرێ بۆ ئاستێکی بالاتر لە خۆی و لە راپۆرتی مانگانەیدا باسی چالاکییەکانی خۆی و دەنگوباسی ناو کۆمەڵانی خەڵك و بیروڕا و پێشنیار و رەخنەکانی خۆیان و خەڵك بۆ ئۆرگانەکانی باڵاتر بەرز دەکاتەوە.

ز — بە لای کەمەوە مانگی سێ جار کۆ دەبێتەوە بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو لە سیاسەتی یەکێتی و بڕیارەکانی سەرکردایەتی و دەنگوباسی وڵات دەکۆڵێتەوەو ئۆرگانی باڵاتر لە خۆی لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی ئاگادار دەکاتەوە.

٢ — پۆل :

أ - بەرزترین ئۆرگانی یەکێتییە لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراودا.

ب — لە لێپرسراوی شانەکانی سنووری خۆی و لێپرسراوی پۆل پێکدێ .

ج — لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا لێپرسراوی پۆل هەڵدەبژێرێت.

د — بە لایەنی کەمەوە لە مانگێکدا یەك کۆبوونەوە دەکات.

ه — ئەرکەکانی: لەبەرێوەبردن و ئاراستەکردنو سەرپەرشتی کردنی چالاکییەکانی رێکخستنی شانەکاندا بەرپرسیارە و بەشداری لە چالاکییەکانی کەرتی رێکخستندا دەکا.

٣ — کەرتی رێکخستن :

أ — لە سەرجەم رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنووری چالاکیی خۆیدا بەرزترین دەسەڵاتە.

ب — لە لێپرسراوی کەرت و لێپرسراوەکانی پۆل پێکدێت.

ئەرکەکانی :

أ — لە بەرێوەبردن و ئاراستەکردن و رابەرایەتیی رێکخستنی سنوورەکەیدا بەرپرسیارە.

ب — بە لای کەمەوە مانگی جارێك کۆ دەبێتەوە.

دەسەڵاتەکانی :

أ — دەسەڵاتی هەیە سەرنجی ئەندامەکانی ڕاکێشێت .

ب —دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەمەڕ ڕووداوە ناوچەییەکانی خۆیدا بڵاوکراوە پەخش بکات بە ڕەزامەندیی کۆمیتە.

٤- کۆمیتەی ڕێکخستن :

أ — لە سەرجەم ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنووری چالاکیی کەرتەکانی ڕێکخستنی هەر قەزایەك پێك دێ.

ب — لە لێپرسراوی کۆمیتە و دوو کارگێڕ و لێپرسراوی کەرتەکانی ڕێکخستن پێك دێ.

دەسەڵاتەکانی:

سەرپەرشتیو ڕێبەریی چەلاکییەکانی کەرتەکانی ڕێکخستنی سنووری چالاکیی خۆی .

٥- مەڵبەندی ڕێکخستن :

أ — لەسەر ئاستی پارێزگا دادەمەزرێ بۆ سەرپەرشتی کردن و رابەرایەتی کردنی ڕاستەوخۆی کۆمیتەکانی ڕێکخستن.

ب — لە لێپرسراوی مەڵبەند (کە ئەندامی سەرکردایەتی ئەبێت) و شەش ئەندامی کارگێڕ پێکدێت، بەمجۆرە :

١- لێپرسراوی ڕێکخستن.

٢- لێپرسراوی کاروباری ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان.

٣- لێپرسراوی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری.

٤- لێپرسراوی بەڕێوەبردن و دارایی .

٥- لێپرسراوی پەیوەندییەکان.

ج — ئەنجومەنی مەڵبەند لە کۆمیتەی مەڵبەند و لێپرسراوی کۆمیتەکانی ڕێکخستن پێك دێت کە بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن .

ئەرکەکانی :

أ — لە بەرامبەر مەکتەبی ڕێکخستندا بەرپرسیارە بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی سنووری پارێزگا لە ڕووی فیکری و سیاسی و جەماوەرییەوە.

ب — لە کاتی ئاساییدا دەبێ هەر سێ مانگ جارێك کۆبونەوەی ئەنجومەنی مەڵبەند ببەسترێت.

ج — دەبێ هەر چوار مانگ جارێك کۆبونەوەی فراوان بۆ ئەندامانی کەرت بۆ سەرەوە ببەسترێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کارەکانی و دانانی پلانی تازەکردن .

د — مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵات پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە مەکتەبی ڕێکخستنەوە دەبێ، دەسەڵاتەکانیشی وەك مەڵبەندەکانی ترە .

دەسەڵاتەکانی :

أ — وەرگرتن و سزادانی ئەندامانی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەیە.

ب — بە ڕەزامەندیی مەکتەبی ڕێکخستن دەسەڵاتی لادان و ئاڵوگۆڕی لێپرسراوی کۆمیتەکانی ڕێکخستنی هەیە.

ج — بۆی هەیە لە کاتی پێویستیدا کەرتی تازە دروست بکات.

د — بە ڕێژەی **٣/٢**ی دەنگ بۆی هەیە ئەندامی کەرت هەڵپەسێرێ.

ه — بۆی هەیە گۆڤاری سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیری و بڵاوکراوە دەربکات.

٦ — مەکتەبی ڕێکخستن :

أ — دەزگایەکی سەرکردایەتییە بۆ سەرپەرشتی کردن و رابەرایەتی کردنی هەموو ڕێکخستنەکان.

ب — لە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و چوار ئەندامی کارگێڕ پێکدێت، لێپرسراوی مەڵبەندەکانی ڕێکخستنیش ئەندامی ئەو مەکتەبەن .

ج — لە بەرامبەر مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بەرپرسیارە.

د — بە چوار مانگ جارێك یان لە كاتی پێویستدا كۆدەبێتەوە.

ئەركەكانی :

أ — سەرپەرشتی كردنی راستەوخۆی مەڵبەندەكانی رێكخستن لە ڕووی رێكخراوەیی‌و سیاسییەوە لە ئەستۆ دایە.

ب — سەرپەرشتی كردنی مەكتەبە پیشەییەكان.

دەسەڵاتەكانی :

أ — بە ڕاوێژ كردن لەگەڵ مەكتەبی سیاسیدا دەسەڵاتی دانان و لادان و ئاڵوگۆڕی لێپرساوی مەڵبەندەكانی هەیە.

ب — بە ڕاوێژ كردن لەگەڵ لێپرساوی مەڵبەند دەسەڵاتی لادان و هەڵپەساردنی ئەندامی مەڵبەندی هەیە.

ج — مافی ئەوەی هەیە پێشنیاری كردنەوەی مەڵبەندی تازە بكات.

د — دەسەڵاتی دەركردنی بڵاوكراوە و بەرنامەی رۆشنبیریی تایبەت بە مەسەلە رێكخراوەیی‌و فیكرییەكانی هەیە .

٧ — كۆمیتەی سەركردایەتی :

پێك دێت لە ١٧ ئەندام و شەش ئەندامی جێگر. بەلانی كەمەوە ساڵی شەش جار كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەكات. بەرزترین دەسەڵاتی یەكێتییە لە نێوان دوو كۆنگرەدا.

ئەرك و دەسەڵاتەكانی :

أ — لە یەكەم كۆبوونەوەی خۆیدا سكرتێر و مەكتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت.

ب — بەرپرسیارە لە جێبەجێ كردنی بڕیار و پێشنیارەكانی كۆنگرە.

ج —لە كۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا بەرنامە و كاری مەكتەبی سیاسی و مەكتەبەكانی تری یەكێتی هەڵئەسەنگێنێ. بڕیار لەسەر لادانی یاخود بەردەوام بوونیان دەدات.

د — لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی كۆ ئەبێتەوە.

ە — ئۆرگانی یەكێتی دەرئەكات.

و — بەرپرسیارە لە كردنەوەی دەورەی كادیران و پەروەردەكردنیان.

ز — بەرپرسیارە لە دیاریكردنی كات و شوێنی كۆبونەوەی فراوان و كۆنگرە و دەستنیشانكردنی ڕێژەی نوێنەران.

٨ — مەكتەبی سیاسی :

أ — لە لایەن كۆمیتەی سەركردایەتییەوە هەڵدەبژێردرێ.

ب - مەكتەبی سیاسی (بە سكرتێرەوە) لە ( ٥ — ٧ ) ئەندام پێكدێت.

ئەركەكانی :

سەركردایەتیی كاروباری سیاسی، رێكخراوەیی، ڕاگەیاندن، دارایی، پەیوەندییەكانی (كوردستان — عیراقی )دەكات بەپێی بڕیارەكانی كۆمیتەی سەركردایەتی.

مافی لەكارخستنی ئەندامانی سەركردایەتیی هەیە بەزۆربەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامەكانی سەركردایەتی.

دەسەڵاتەكانی :

أ — لە نێوان دوو كۆبونەوەی سەركردایەتیدا بەرپرسیارە لە جێبەجێكردنی بڕیارەكانی كۆمیتەی سەركردایەتی.

ب — لێپرسینەوە لە ئەندامانی سەركردایەتی.

ج — مافی سەرنج ڕاكێشانی ئەندامانی سەركردایەتیی هەیە.

٩ — سكرتێری گشتی :

أ — لە لایەن كۆمیتەی سەركردایەتییەوە هەڵدەبژێردرێ.

ب — ئەرك و دەسەڵاتەكانی :

١- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

٢- دانانی کات و شوێنی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی سەرکردایەتی.

٣- لە کاتی وەك یەك دەنگدا سکرتێر لەهەر لایەك بوو ئەو لایە بە ئەکسەریەت دادەنرێت.

٤- بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لێدوان بدات لە چوارچێوەی سیاسەتی یەکێتیدا.

مەکتەبەکانی :

١- مەکتەبی ڕێکخستن — لە بەشی ڕێکخستندا ئەرك و دەسەڵاتەکانی دیاری کراوە.

٢- مەکتەبی دارایی.

أ — لە (٣ — ٥)ئەندام پێکدێت کە لێپرساوەکەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەبێت.

ب — کارگێڕەکانی، کۆمیتەی سەرکردایەتی دایان دەنێت.

ج — ئەرکەکانی بریتین لە پەیداکردن و کۆکردنەوە و پاراستنی دارایی و ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو سەرفکردنی بەپێی بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

د — پێویستە ئاگادار بێت لە سەرجەم داهات و سەرفی یەکێتی لەدەرەوە و ناوەوەی وڵات.

ه — پێویستە هەوڵی دامەزراندنی پرۆژەی بازرگانی بدات.

٣- مەکتەبی پێشمەرگایەتی :

أ — پێکدێت لە (٣ — ٥) ئەندام کە بە لایەنی کەمەوە لێپرساوەکەی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی بێت.

ب — ئەرکەکانی بەڕێوەبردنو هەڵسوڕاندنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە لە ڕووی ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنیان لەخەبات و جێبەجێ کردنی کاروباری ئیداری و تەدریب و گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەیان.

٤- مەکتەبی پەیوەندییەکان :

أ - پێکدێت لە (٣ — ٥) ئەندام کە بە لایەنی کەمەوە ئەندامێکی سەرکردایەتی سەرپەرشتییان دەکات.

ب — ئەرکەکانی بریتییە لە :

١- پتەوکردنی پەیوەندیی هاوخەباتی لەگەڵ هێزە کوردستانیو عیراقی و جیهانییەکان.

٢- پەیداکردنی دۆست و پشتیوانی لە دەرەوەی وڵات بۆ پشتگیری لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان.

٣- دوان بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٤- مەکتەبی ڕاگەیاندن :

أ - پێکدێت لە (٣ — ٧) ئەندام کە بەلایەنی کەمەوە ئەندامێکی سەرکردایەتی سەرپەرشتیی دەکات.

ب — ئەرکەکانی :

أ — سەرپەرشتی کردنی دامودەزگا ناوەندییەکانی (ڕۆژنامە — گۆڤار — تەلەفزیۆن) لە چوارچێوەی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

١٠- کۆبوونەوەی فراوان :

لە کاتی هاتنە پێشی ڕووداوێکی گرنگ کە پێویستی بەوەرگرتنی بیروڕای زۆرترین ژمارەی ئەندامانی لێپرساو هەبێت، یان لەسەر داوای ٣/٢ی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم کۆبونەوەیە ئەبەسترێت لەئەندامانی سەرکردایەتیو جێگرەکانیان و ئەندامانی مەکتەبەکان و مەڵبەندەکان.

ئەرك و دەسەڵاتەکانی :

هەموو دەسەڵاتێکی کۆنگرەی هەیە جگە لەگۆڕینی پەیڕەو و بەرنامە و ناتوانێ زیاتر لە سێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بگۆڕێ

١١- كۆنگره :
ئەركو دەسەڵاتەكانی كۆنگره.
١- بەرزترین دەسەڵاتە لە یەكێتیدا.
٢- لە باری ئاساییدا هەر دوو ساڵ جارێك ئەبەسترێ.
٣- بڕیار لەسەر ڕاپۆرتی كۆمیتەی سەركردایەتیو دەزگاكانی دەدا (واتە مەكتەبەكان).
٤- دیاریكردنی ڕێبازی سیاسی، ستراتیجیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان.
٥- بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ بۆ یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دیاری ئەكات.
٦- ئەندامانی كۆمیتەی سەركردایەتیو جێگرەكانیان هەڵدەبژێرێ.
دارایی : داهاتی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بریتییە لە :
أ — ئەندامانە.
ب — داهاتی دەزگا و پڕۆژەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان.
ج — یارمەتیی دۆستو لایەنگرانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان.
پرنسیپەكانی ڕێكخستن :
١- لە بڕیاردان و جێبەجێ كردنی فەرمانەكانی ڕێكخستن كەمایەتی گوێڕایەڵی زۆرایەتی دەبێت.
٢- هەموو ئاست و دەزگاكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادو نهێنییەوە پێكدێن تەنها لە بارێكدا نەبێت هەلومەرجی كاری نهێنی دەیسەپێنێ.
٣- ئۆرگانەكانی سەروو لەهەموو كارو فەرمانەكانی ڕێكخستندا ئاگاداری ئۆرگانەكانی خواروو دەكەن و ئەوانیش گوێڕایەڵی دەبنو لێی دەكۆڵنەوەو جێبەجێی دەكەن.
٤- ڕادەربڕین و بۆچوون و ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن مافی هەموو ئەندامێكی ئۆرگانەكانی ڕێكخستنە بەپێی بەرژەوەندیی یەكێتی.

## بەرنامە

ئامانجە گشتییەكان
یەكەم : یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان خەبات دەكات لەپێناوی دیموكراسیو ئازادی و یەكسانیدا دژی دیكتاتۆریو جەنگو داگیركردنو دەستدرێژی، دژی چەوساندنەوەی نەتەوەییو چینایەتیو دینیو دژی پێشێلكردنی مافی مرۆڤ ، دژی شۆڤێنیزمو تیرۆرو كۆنەپەرستی، لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسین و هاوكاری و پێكەوە ژیانی گەلان بەئاشتیو تەبایی.
دووەم : یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان خەبات دەكا بۆ جێبەجێكردنی ڕاگەیاندنی جیهانیی مافی مرۆڤ.
سێیەم : وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی كوردستان.
چوارەم : ئامانجی دوارۆژی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان پێكهاتنی كۆمەڵێكی سۆسیالیستی دیموكراتە لە كوردستان.
پێنجەم : یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان خەبات دەكات بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتیو لە جیهاندا بەگشتی، لەسەر بناغەی دراوسێتیی باشو بەرژەوەندیی ناوكۆییو بەئاشتی و بەخۆشییەوە پێكەوە ژیان و دەست وەرنەدان لە كاروباری ناوخۆی وڵاتەكان و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەوڵەتەكان.
شەشەم : خەبات دەكا لەپێناوی نەهێشتنی چەكی كوشتنی بەكۆمەڵ.
ئامانجە سیاسییە گشتییەكان
١- ئەنجومەنی نیشتمانی كە بەرزترین دەسەڵات

دەبێ لە کوردستاندا لەرێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆو سەربەستو نهێنی بەبەشداربوونی هەموو ژن و پیاوێك کەتەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت بەبێ جیاوازیی رەگەزو زمانو دین پێکدەهێنرێت. ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانییەوە هەڵدەبژێردرێ و هەڵدەوەشێنرێتەوە.

٢- دادوەری سەربەخۆیە، جگە لە یاسا ملکەچی هیچ دەسەڵاتێك نابێت، دووریش دەبێ لە دەست تێوەردانی دەسەڵاتەکانی تر.

٣- سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیو گوند بەهەڵبژاردنی راستەوخۆ و نهێنی ئەبێت.

٤- مسۆگەرکردنی زەمینەی ژیانی دیموکراتیو ئازادیی فکرو ئازادیی ویژدانو دین و مەزهەب، دەربڕینی بیروباوەڕ، ئازادیی رۆژنامەنوسی، ئازادیی هاتوچۆو نیشتەجێ بوون، ئازادیی رێکخستنی سیاسی، نەقابی، کۆمەڵەی جوتیاران، رێکخراوە پیشەییو دیموکراتەکانی خوێندکاران، ژنان، مامۆستایان، لاوان و ئازادیی پێکهێنانی کۆمەڵەو رێکخراو و یەکێتیی هونەرمەندان و نووسەران و یانەی وەرزشکاران.

٥- ئازادیی مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ کرێکارانو جوتیارانو کۆمەڵانی خەڵك.

٦- دابینکردنی مافە دیموکراتیو رۆشنبیرییەکانی کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستان وەك تورکمانو ئاشوریو عەرەب و مافی پاراستنی زمانو نەریتە نەتەوەییەکانیان.

چارەی کێشەی نەتەوایەتی

١- کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و کورد نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراو و ژێردەستەیە.

داگیر و دابەشکردنی کوردستان و زەوتکردنی هەموو مافە ڕەوا و دیموکراتییەکانی گەلەکەی و سەپاندنی سەختترین شێوەی چەوسانەوە و ئازاردانی چینایەتیو نەتەوایەتی بەسەریدا، گەورەترین هۆی پاشکەوتنی ئابووریو کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیی گەلی کوردستانە و رێگەی گەشەکردنی لەهێزو پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان گرتووە، بۆتە مایەی شێواندنی ئەو گەشەکردنە نائاساییە لاوازەش کە بە درێژایی ئەو ماوەیە ڕووی داوە. هەروەها هۆیەکی گرنگی شێواندنی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو هۆیەکی نائارامیی ناوچەکە و دەستێوەردانی بێگانە بووە لە کاروباری ئەو گەلانەی ناوچەکە.

٢- لە داگیر و دابەشکردنی کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتیی خەڵکەکەیو لە بەربەرەکانیو بەرهەڵستیی گەلی کوردستان دژی ئەو چەوسانەوەیە لە ئەنجامی پێداویستەکانی گۆڕانو گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازانەی دیموکرات لە هەناوی کۆمەڵی کوردستاندا پەیدا بووە، کە چەندەها سەردەمی هەڵچونو نیشتنەوەی بەخۆیەوە دیوە بەبێ ئەوەی لە بزوتن بکەوێ بەجۆرێ کە بۆتە جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی دیموکراتی مێژووکرد.

٣- چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە سەربەستیی خۆی لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیدا ئەکرێ کە ئەویش خۆی لە ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستاندا ئەنوێنێت.

٤- ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و سەربەستیی خەڵکەکەی لە دیاری کردنی مافی چارەنوسی خۆیدا، کە مافێکی ڕەواو ئاسایی هەموو گەلێکە، دەبێتە هۆی برایەتیی راستەقینە و تەبایی لەگەڵ گەلی عەرەبو بەهێزکردنی هاوخەباتییان، هەروەك دەبێتە هۆی چەسپاندنی ئاسایش لە ناوچەکەدا.

٥- جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، جوڵانەوەیەکی دیموکرات و ڕەوایە، سەرکەوتنەکەی

مایەی بەرهەڵستی کردنی تیرۆر و لاساریو توندوتیژیو پێشێلکردنی سەرەتاکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسییە هەروەك ئەڵقەیەکی گرنگیشە لەو هەوڵو تەقەلایەی ئەبێ بدرێ بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە ناوچەکەدا.

٦- قۆناغی ئێستای خەباتی گەلی کوردستان، قۆناغی رزگاریی نیشتمانیی دیموکراتییە. جوڵانەوە مێژوییەکەی، بەرەو پێشەوە چوونو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیو دابینکردنی دیموکراسییە.

٧- بەهێزکردنی هاوکاریو یەکێتیی تێکۆشان و برایەتی لەگەڵ هێزە دیموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستان بەتایبەتی ئاشوریو تورکمان هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێزە ئازادیخوازو دیموکرات و سۆشیالیستەکانی جیهاندا لەپێناوی رزگاریو ئاشتیو دیموکراسیدا.

**ئامانجە ئابورییەکان**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناوی ئابورییەکی گەشەکردووی نوێ کەژیانێکی بەختیار بۆ کۆمەڵانی خەڵك دابین بکات و مایەی پێشکەوتن و ئاوەدانیو خۆشگوزەرانیی نیشتمانیش بێت بەجۆرێك کە سەروەت و سامانی وڵاتیش بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە سەرف بکرێ. هەر بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکا بۆ :

١- دانانی بەرنامەیەکی زانستییانەی واقیعی بۆ ئابووریی نیشتمان و گەشەپێدان و پێشخستنی.

٢- گەشەپێدانو پێشخستنی کشتوکاڵ و رەزو باخو ئاژەڵداری بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵكو کەڵك وەرگرتن لە بەرهەمەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات .

٣- بەکارهێنانی گۆلاوەکانی کوردستان بۆ بەراوکردنی زەوی و زاری دەشتەکانی کوردستانو کارەبا و پەروەردەی ماسی و کەڵك وەرگرتن لە سامانی ئاوی کوردستان وەك سەروەتێکی نیشتمانی.

٤- هەڵگرتنەوەی جۆگە لە ڕوبارەکانو دروستکردنی سەدی پێویست لەسەریان بۆ بەراوکردنی زەویو زارو کارەبا و ژیاندنەوەی کارێزو پرۆژە کۆنەکانی ئاودان و بەراوکردن.

٥- بوژاندنەوەو پەرەپێدانی جەنگەڵو لێڕەواری کوردستان و پاراستنی ژینگە و سەوزایی کوردستان و پاك راگرتنی ئاو و هەوای کوردستان.

٦- گەشەپێدانی پیشەسازیو زراعیو خواردەمەنیو دەواجن و شیرەمەنیو هەڵگرتنی میوەجات و تەعلیب.

٧- دەرهێنانی سامانی ژێر زەمینی، بەتایبەتی نەوت و ئاسن و مس و خەڵوزی بەردین و هتد.

٨- گەشەپێدانی پیشەسازیی سوك و تایبەت لەخزمەتی ئابووریی نیشتماندا.

٩- گەشەپێدانی کەرتی گشتیی پیشەسازی بەگوێرەی پێویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو توانای گەلو سوودی ئابووریی پرۆژەکان بۆ پەیداکردنی پێویستییەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵك و بەرهەم هێنانی سامانی ژێر زەمینی.

١٠- کەرتی تایبەتی یارمەتی بدرێ بۆ گەشەکردنو پێشکەوتن بە گوێرەی پێویستییەکانی کۆمەڵو گەشەپێدانی تیجارەت.

١١- دروستکردنی پرۆژەکانی پیشەسازیو کشتوکاڵیو ئاژەڵیو کانزایی لە نزیك شوێنەکانی خۆیانەوە.

١٢- دروستکردنی تۆڕێکی نوێی ڕێگەوبانی هەمەجۆرە، بۆ هێنانو بردنو سازکردنی پێویستییەکانی گەشەکردنی پیشەسازیو کشتوکاڵو بازاڕ و بازرگانیی ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

١٣-گەشەپێدانی هاوینەهەوار و گەشتوگوزاری کوردستان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئوتێلو خانووبەرەی گشتیو تایبەتی.

١٤- ڕێکخستنو بوژاندنەوەی بازرگانیی ناوەوە بەپێی یاساو بەدابینکردنی ئازادیو ڕەچاوکردنی گەشەپێدانی ئابووری و سوودی کۆمەڵو ئابووریی نیشتمانی.

١٥- بازرگانیی دەرەوە هەم بەهۆی حکومەتەوە بێتو هەم بەهۆی کۆمپانیا بازرگانەکانەوە بێت.

١٦- هەوڵدان بۆ کردنەوەی بازاڕی گەورەی مۆدێرن لە لایەن حکومەت و بازرگانەکانەوە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانو گوزەرانی خەڵك.

١٧- هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ناردنە دەرەوەی بەرهەمە زیادەکانی کشتوکاڵو پیشەسازی.

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

١- چارەسەرکردنی کێشەی خانوبەرە بە دابینکردنی خانوو بۆ هەموو خێزانێك بەپێی پلانێکی تایبەتی.

٢- دابینکردنی ئاو و کارەباو سوتەمەنیو تەلەفۆن، زێراب و ڕێگەوبان و هۆکانی هاتوچۆ بۆ هەموو شار و شارۆچکەو ئاوەدانییەك بە ڕادەی پێویست.

٣-دابینکردنی تیمارگە و نەخۆشخانە و دەرمانی پێویست بە خۆڕایی بۆ هەموو ئاوایی و شارەکانی کوردستان.

٤- دابینکردنی کار بۆ بێکاران و زەمانی ئیجتیماعی بۆ کرێکاران و پەککەوتە و بەساڵاچوو و خێزانی شەهیدان. داڕشتنی یاسای کار بۆیان بە شێوەیەك بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێو زەمینەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییان بۆ مسۆگەر بکات.

٥- دابینکردنی خوێندن بە خۆڕایی لەهەموو پلەیەکی خوێندندا بۆ هەموو خوێندکارێکی کوردستانو دابینکردنی خوێندنی ئیلزامی بۆ هەموو کوڕو کچێکی کوردستان تا کۆتایی پلەی ناوەندیو دابینکردنی مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەموو ناوچەیەکدا.

٦- هەوڵدان بۆ پێشخستنی بەرنامەی خوێندن لە دانشگاو پەیمانگا پیشەییەکاندا بەجۆرێك کە لە بەرژەوەندیی گەشەکردن و پێشکەوتنی وڵاتدا بێت.

٧- ژن کە نیوەی کۆمەڵە و دەورێکی بنچینەیی لە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی کوردستاندا دەگێڕێ، تا ئێستا لە بوارە جۆراوجۆرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکاندا جێگەی ئاسایی خۆی نەگرتووە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو ڕوانگەیەوە کە ژنو پیاو دەورو کار و خەباتیان بە یەکسان تەماشا ئەکات:

أ – یەکسانیی ژن و پیاو لە بەرامبەر هەموو مافێکی قانونیدا.

ب – ئازادیی پێکەوەنانی خێزان و هەڵبژاردنی هاوسەر پاش تەمەنی ١٨ ساڵ.

ج – هەوڵدان بۆ ڕێگەگرتن لە فرەهاوسەری و ژن بە ژن و بەزۆر بەشودانی ژن.

د – چاودێری و یارمەتی دانی ژنی دووگیان و دورخستنەوەیان لەکاری قورس و دابینکردنی ٦ مانگ پشودان بەموچەی تەواو بۆیان.

ه – مشورخواردنی ساوایانی کوردستان و قەدەغەکردنی کارکردن بەو هەرزەکارانەی کە تەمەنیان لە ١٢ ساڵ کەمترە.

٨- دابینکردنی یانەی زانستیو کۆمەڵایەتی بۆ لاوانی کوردستان.

٩- گەشەپێدانی فەرهەنگیی کۆمەڵی کوردستان بە شێوەیەك هەم تاودانەوەیەکی تەواوی ڕێبازی ڕزگاریو دیموکراتییو سۆشیالیزم بێ لە کوردستاندا، هەم زەمینەخۆشکەری هێنانە دیو دامەزراندنی بێ.

١٠- گرنگی دان بە ئیستگە و تەلەفزیۆن و شانۆو هونەرە جوانەکانو سینەماو ڕۆژنامەگەریو پەرەپێدانیان.

١١- پاراستنی سامان و فەرهەنگی نەتەوایەتی

و شوێنەوارە گرنگەکان و پاشماوە کۆنەکان و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی مۆزەخانەی کوردستان.

١٢- کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیی جۆراوجۆر و پاراستنیان لە فەوتان و لە ناوچوون.

**ئاوەدان کردنەوەی کوردستان**

بۆ ئەوەی ژیانی دانیشتوانی لادێکان بەجۆرێکی پیشەی لەهەموو رویێکەوە بگۆرێ و بنچینەکانی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە هەڵتەکێنرێ و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی بۆ پێشەوە ببرێ و ژیانێکی نوێ لە لادێکان دابمەزرێ، پێویستە پلانێکی نوێ دابنرێ بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی سەر لەنوێی گوندەکانی کوردستان بەجۆرێکی ئەوتۆ کە ئەو گۆڕانە ریشەییە دابین بکا بەوەی :

١- لە ناوچە لادێییەکاندا پلان دابنرێ بۆ دروستکردنەوەی ئاوایی نوێی گەورە لەو گوندە بچوکانەی کە جاران هەبوون یاخود هێشتا هەندێکیان ماون و لە نزیك یەکن.

٢- ئاواییەکان لە شوێنی لەبار و گونجاودا بە ڕەچاوکردنی باری جوگرافیی ناوچەکە دروست بکرێن.

٣- هەر ئاواییەك لە ١٥٠ ماڵ کەمتر نەبێت.

٤- هەر ئاواییەك قوتابخانە، جێگەی عیبادەت، تیمارگەو مەڵبەندی بەیتەری، هۆڵی کۆبونەوە، وەحدەیەکی میکانیکی (تراکتۆر، دەڕاسە، بلدۆزەر، شۆفڵ)، پۆستە، پرۆژەی کارەبا، بازاڕو هەندێ شاڕێی بۆ دابین بکرێ.

٥- گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەو پێڕەوکردنی رێگەی زانستی کشتوکاڵ لە تۆو وەشاندن و پەروەردەکردن و هەڵگرتن و گواستنەوەی بەروبومدا و بەکارهێنانی کۆدی کیمیایی و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کشتوکاڵ و هاندانی جوتیاران بۆ داهێنانی رێوشوێنی نوێ.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## نامەی عومەر شێخموس بۆ کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێزان بەڕێوەبەرانی یەکەم کۆنگرەی یەکگرتوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێز جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەو هەڤاڵانی خۆشەویست

میوانە بەڕێزەکان

سڵاوی گەرمی تێکۆشەرانەو شۆڕشگێڕانە

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ناردنی نامەی بانگهێشتن بۆ یەکەم کۆنگرەی یەکگرتوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی گەورەتان بۆ دەخوازم بۆ بەستن و جێبەجێ کردنی ئەرکە گرنگەکانی ئەم کۆنگرە مێژوییە، لەپێناوی بەهێزکردنی هێزی گەل و دەزگا دیموکراتییەکان (بە بیروباوەڕو بە کردەوە) بەرامبەر بە یەکێك لە رژێمە هەرە بۆگەنەکانی جیهان و بۆ بەرەو پێشەوە بردنی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی باشورو مەسەلە رەواکەی.

زۆر بە داخەوە، لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە خۆم کە لە لای زۆربەتان رونن و هەروەها لەبەر درەنگ گەیشتنی نامەی بانگهێشتنەکە، پێم ناکرێ بەشداری لە کۆنگرە پیرۆزەکەتان بکەم، هەرچەند زۆر ئارەزوم دەکردو بە شانازییەکی گەورەم دەزانی. بەڵام داوای سەرکەوتنی گەورەتان بۆ دەکەم.

هەڤاڵانی بەڕێزو تێکۆشەر

کۆنگرەکەتان لە چەندین رووەوە مێژوییە. ئومێدەوارم هەنگاوی گەورە بهاوێژن و بڕیاری گرنگ بدەن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی ناو کۆمەڵ

و پەیوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دارشتنی پلانی بەکەڵك بۆ ماوەی کورت و درێژخایەن بۆ بردنی مەسەلەی میللیمان و داخوازییە رەواکانی گەلەکەمان بۆ ناو ئەجێندای جیهانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی و راستەقینە بۆی.

کۆنگرەکەتان مێژوییە چونکە:

١-ئەمە یەکەم کۆنگرەی یەکگرتوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە پاش نزیکەی ١٧ ساڵ لە دامەزراندنی و خەبات و تێکۆشان و هەزاران شەهید و قوربانی. ئومێدەوارم کۆنگرەی یەکگرتوی تریش لە ئایندەی نزیکدا لەگەڵ لایەنی تری سەر گۆڕەپانی کوردستان بێتە کایەوە.

٢-لەسەر خاکی ئازادی کوردستان دەبەسترێت و بە پشتیوانیی رای گشتیی جیهانەو لە دژی ئارەزوی رژێمی فاشیستی بەغدایە.

٣-لە کاتێکدا دەبەسترێت کە ئاسۆی سەرکەوتنی خەباتی گەلی کوردو مەسەلەی کوردستان لە هەموو کاتێکی تر روناکترە، سەرەرای ئەو هەموو گیروگرفت و ئاڵۆزییانەی لەبەردەمتانن.

٤-پشتیوانی کردنی رای گشتیی جیهان بە حکومەت و حزب و رێکخراوە گشتییەکان و میدیاکانەوە لە مەسەلەی کورد، بەتایبەتی لە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق لە هەموو کاتێکی تر بەهێزترو بەتینترە. پێویستە ئەم پشتیوانییە بپارێزرێت و بەهێزتر بکرێت، ئەویش بە پاراستنی یەکریزیتان و رێکوپێك کردنی کارەکانتان، چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوە، بە وەرگرتنی هەڵوێستی رون و ئاشکرا و بە پاراستنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و لە ناو ریزەکانی خۆتان.

٥-ئەمە یەکەمین کۆنگرەیە کە تێیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بە شێوەیەکی فەرمی وەك رێکخراوێکی سۆسیال دیموکرات بە دنیا دەناسێنێ (وەك لە نامەی بانگهێشتنە ئینگلیزییەکەدا هاتوە) و رەوتە ئایدیۆلۆژییەکانی پێشوو وەلاوە دەنێ.

هەڤاڵانی خۆشەویست

وەك شەهید دکتۆر خالید سەعید گوتەنی «لە هەر ناوچەیەك بم، خۆم بە لێپرساو و کوێخا دەزانم». بۆیە تکاتان لێ دەکەم رێگا بدەن هەندێ پێشنیار پێشکەش بە کۆنگرەی بەرێزتان بکەم.

أ-کاتێك رژێمی سەددام حسێن دەروخێت (بە بۆچونی من لە ماوەی ئەم ساڵەدا هەر لەناو دەچێت) پێویست ناکات بە هەڵەداوان و بە پەلەو بە گەرمی پشتیوانی لە رژێمی تازە بکەن هەتا هەڵوێستی بەرامبەر بە مافەکانی گەلی کوردو مەسەلەی دیموکراسی لە هەموو عیراق بە شێوەیەکی رون و ئاشکرا و بە هەنگاو نەك بە قسەی گشتی و بەڵێنی بەتاڵ دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو حکومەتە پەیوەندیی نهێنیشی لەگەڵ بەرەی کوردستانی هەبێ، پێویستە هەڵوێستێکی هاوسەنگ بەرامبەر بە هەنگاوەکانی وەربگیرێت.

ب- بەهێزکردنی دەزگاکانی بەرەی کوردستانی مەرجێکی مێژوییە، هەروەها یەکبونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەزگاکانی نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵات. یەکبونی راو بۆچونەکانتان لە دەرەوەی وڵات پرستیج prestige و قورساییتان بەهێز دەکات.

پ- پێویستە زۆر زیاتر لە جاران گرنگی بە خەباتی سیاسی و رێکخستنی جەماوەر بدەن، نەك تەنها پەنا بۆ خەباتی چەکدار بەرن، چونکە تاقیکردنەوەی هەمومان باش نیشانی دەدات کە فۆرمی خەباتی چەکدار دینامیزمێکی خراپی هەیەو رێگا بۆ دروستبونی لۆرداتی جەنگ خۆش دەکات، بەتایبەتی ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسیی بزوتنەوەکە نەتوانێ بە تەواوی کۆنترۆڵی وەزعەکە بکا. بەهێزبونی خەباتی سیاسی لە ناو جەماوەری شارەکان زەخمێکی زۆر بە بزوتنەوەکە دەدا و پشت بەستن بە یارمەتیی دەرەکی و وڵاتە دراوسێکان

کەم دەکاتەوە (ئەو وڵاتانەی کە هەموو ڕۆژ ئیمکانی ئەوەیان هەیە کە سیاسەتی خۆیان بگۆڕن و بە دوای قازانجی تایبەتی خۆیان بچن، ئەگەر حکومەتێکی دۆستی ئەوان لە عیراق بێتە سەر کار). دوژمنیش ناتوانێ وا بە هاسانی پەلاماری جموجوڵی ١-٢ ملیۆن مرۆڤ بدات و لەناویان ببات. هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای عەسکەری و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی (یان مەترسیی بەکارهێنانیان) بە تەواوی تەرازوی هێزی تێکداوە، ئەمەش بە زەرەری خەباتی چەکدارە. بۆیە دەبێ بە جیددی بیر لە تاکتیك و ستراتیجی تازە بکەنەوە بۆ بەرێوەبردنی خەباتی سیاسی لە وڵاتدا لە ناو ئەو هەلومەرجە تازەیەدا.

ت- کۆتایی هێنان بە بەرەڵایی و راووڕوت و دزی لە کوردستان، هەروەها کوشتنی کوێرانە، نیشانی دنیا دەدات کە میللەتی ئێمەو هێزە سیاسییەکانی لێوەشاوەن و دەتوانن باشتر لە رژێمە عەسکەرییە دکتاتۆرەکان حوکم و ئیدارەی وڵات و میللەتێك بکەن و ئەوان باشترین بەدیلن بۆ ئەو حکومەتە ناشەرعییانە.

ج- لە کاتی بەڕێوەچونی هەڵبژاردن لە کوردستان، پێویستە نوێنەرانی پەرلەمانەکانی جیهان لە چەندین وڵاتی جیاواز داوەت بکرێن بۆ سەرپەرشتی و یارمەتیدانی هەڵبژاردنەکە، هەروەها پێویستە کۆمیسیۆنی جیهانیی مافناسان لە ژنێڤ (ICJ) و سەنتەری جیمی کارتەر (سەرۆکی پێشوی ئەمریکا) لە ئەتلانتا بانگهێشت بکرێن. بە رای من، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکە بکات و هەروەها داوای یارمەتیی لێ بکەن بۆ دامەزراندنی مەڵبەندی دەنگدان لەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی میریدان بۆ ئەوەی جەماوەری گەلی کورد لەو ناوچانەش بتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن.

چ- میللەتی ئێمە درێغیی لە خستنە گەڕی توانا و وزەی سنورداری خۆی بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان نەکردووە، بەڵام بە رای من پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان حەملەکە فراوان بکەن و جەماوەر بخەنە گەڕ بۆ بەشداربون لەم ئەرکەدا. بۆ نمونە، دەتوانن هێزی پێشمەرگەی کوردستان بنێرن بۆ بەشداربون لە پرۆسەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان. هەر مەفرەزەیەك، تیپێك، بەتالیۆنێك، هەرێمێك یان مەڵبەندێك بەشداریی فیعلی بکات، لەگەڵ خەڵکی دێهات، لە ئاوەدانکردنەوەدا. هەر یەك لەو هێزانە ئەرکی ئاوەدان کردنەوەی چەند دێهاتێك یان چەند شارۆچکەیەك لە ئەستۆ بگرێ. هەروەها دەکرێ سود لە خوێندکاران و گەنجان و مامۆستایان وەربگیرێت. ئەمە دەبێ بە کێبڕکێ بۆ خستنە گەڕی جەماوەر بۆ بەشداربون لەم کارە، هێزی پێشمەرگەش بێ ئێش نامێنێت و وزەکانی دەخرێنە گەڕ. جیهانی دەرەوەش رێز لە هەنگاوی وا دەگرێت و زیاتر بەرەو پیری یارمەتیدانی کوردستان دێت.

ح- فرۆشتنی کۆمەکی مرۆیی کە لە دەرەوە دێت لە ناو بازاڕی شارەکانی کوردستان، زەرەرێکی گەورە لە ناوبانگی گەلی کورد دەدات. پێویستە سنورێك بۆ ئەم جۆرە رووداوانە دابنرێت.

خ- هیچ شتێك لە دەرەوە زیانی گەورە لە خەڵکی کورد و بزوتنەوەکەی نادا بە قەد راکێش راکێشی هێزە سیاسییەکانی کوردستان (هەر یەکەیان بە جیا) و نیشاندانی ناکۆکی و ناتەبایی و قسەکردن لە دژی یەکتر لە لای هێزو رۆژنامەنوسە بێگانەکان. ئەمە بزوتنەوەکە بە جارێك سوك دەکات.

لە کۆتاییدا جارێکی تر سوپاسی گەرمی خۆمتان پێشکەش دەکەم و داوای سەرکەوتنی گەورە بۆ کۆنگرە پیرۆزەکەتان دەکەم. هەر بژین بۆ گەل و نیشتمان.

برای دڵسۆزتان

عومەر شێخموس

ستۆکهۆڵم ١٩٩٢/١/٢٠

## کۆیە (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکە تیپی مەڵبەندی چوارو تیپی ٩١ی سەفین لە ساڵی ١٩٨٥ لە ناو شاری کۆیە ئەنجامیان داوە. شەوی ٨ لەسەر ٩ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٥ هێزێکی هاوبەشی تیپی مەڵبەندی چوار و تیپی ٩١ی سەفین هێرشیان کردە سەر بازگەی کۆیە . هەولێر لە دەروازەی شاری کۆیە. بەپێی پلانی دانراو، هێزێکی تر لەگەرەکی ئیسکان لە نزیك بازگەکە بۆسەی دانا بەو نیازەی کە ئەگەر هێزێك لە سەربازگەی کۆیەوە بۆ فریاکەوتنی بازگەکە بەرێ بکەوێو بەوێدا تێپەرێ، بکەوێتە بۆسەکەو لێی بدرێ.

هەر واش دەرچوو. لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر بازگەکە، هێزێکی سوپای عیراق بەفریای بازگەکە چوو و لە رێگادا کەوتە بۆسەکەوەو درایە بەر رێژنەی گوللە.

چالاکییەکە بووە هۆی برینی رێی هاتوچۆی هەولێر - کۆیە بۆ ماوەی چەند سەعاتێك و لەم سەروبەندەدا هێزەکانی سوپا گەمارۆی شوێنی چالاکییەکەیان دا و کوژراو و بریندارەکانیان گواستەوە. زیانی دوژمن نەزانراوە. هێزی پێشمەرگە بێ زیان بوو.

## کۆیە (تیپ)

تیپی ٩٣ی کۆیە. تیپێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. پێکهێنانی تیپەکە بە دوو قۆناغدا تێپەریوە. لە قۆناغی یەکەمدا لە ساڵی ١٩٨٢دا تیپێك بە ناوی تیپی ٩٠ی کۆیە پێك هێنرا و سنوری چالاکیی کە بۆی دیاری کرا، لە رێگای کۆیە- تەقتەقەوە تا بەستی شەرغە بوو. واتە، بە دیاریکراوی، سنورەکەی ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە کە بە وراتی کۆیە ناسراوە. سمکۆ دزەیی لێپرسراوەتیی فەرماندەیی تیپەکەی لە ئەستۆ گرت.

قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٩٨٣ دەست پێ دەکا و تێیدا سمکۆ دزەیی بە پلەی فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەرانەتی گواسترایەوە بۆ بەرانەتی و بریار درا لە هەردوو تیپی ٩٣ی کۆسرەت و ٩٠ی کۆیە تیپێکی تازە بە ناوی تیپی ٩٣ی کۆیە پێك بهێنرێ.

سنوری تیپی ٩٣ی کۆیە لە سەرەتای دامەزراندندا لە سنوری تیپی ٩٣ی کۆسرەت (بەبێ بیتوێن) و سنوری تیپی ٩٠ی کۆیە پێك هاتبوو، واتە سنورەکەی لە دەشتی کۆیەو تەقتەق و دۆڵی خەلەکان و وراتی کۆیە پێك هاتبوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٥دا قەڵەمرەوی نێوان رێگای کۆیە- تەقتەق و بەستی شەرغە لە تیپی ٩٣ی کۆیە جیا کرایەوەو خرایە سەر سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. لە دیسپلینە ئیدارییەکاندا کۆیە گەورەترین و بەناوبانگترین سەنتەری شارستانیی ناوچەی چالاکیی تیپەکە بوو و زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەکانی تیپەکەش خەڵکی کۆیەو دەوروبەری بون. هەروەها تەقتەق دووەم گەورەترین سەنتەری شارستانیی سنوری ناوچەی چالاکیی تیپەکە بوو.

تیپەکە سێ فەرماندەی هەیە. یەکەم فەرماندەی دانا ئەحمەد مەجیدە کە پێشتر فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆسرەت بوو. پاش لێکدانەوەی تیپی ٩٠ی کۆیەو تیپی ٩٣ی کۆسرەت و پێکهێنانی تیپی ٩٣ی کۆیە، دانا ئەحمەد مەجید کرایە فەرماندەی تیپە تازەکەو جێگرەکەشی، رەهبەر سەید برایم بەرزنجی، بە هەمان شێوە بووە جێگری فەرماندەی تیپە تازەکە.

ساڵی ١٩٨٤ لە ئاڵوگۆری فەرماندەی تیپەکاندا دانا ئەحمەد مەجید گواسترایەوە بۆ سورداش و کرایە فەرماندەی تیپی ٢٣ ی سورداش. رەهبەر سەید برایم بەرزنجیش لە جێی ئەو دانرا و کرایە فەرماندەی تیپی ٩٣ ی کۆیە و دلاوەر ئەحمەد مەجید کرایە

جێگری. دواتر عوسمان جەرجیس گۆمەشینی ناسراو بە فەقێ گۆمەشینی لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر گواسترایەوە بۆ تیپی ٩٣ی کۆیە و کرایە جێگری فەرماندەی تیپ. ساڵی ١٩٨٦ فەقێ گۆمەشینی لە شەڕێکدا لە گوندی کانی بی لە دەشتی کۆیە شەهید بوو. لەم سۆنگەیەوە محەمەد حەسەن شینە عەولا ناسراو بە محەمەد شینە فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر گوێزرایەوە بۆ سنوری دەشتی کۆیەو کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە.

ساڵی ١٩٨٧ لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕی فەرماندەی تیپەکاندا، رەهبەر سەید برایم بەرزنجی بۆ ناوچەی خاڵخاڵان گوێزرایەوەو فەرماندەیی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵانی گرتە ئەستۆ. لەم سەروبەندەشدا بەکر مستەفا سەعید هاتە جێی و بووە فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە.

تیپەکە سێ رابەری سیاسیی بە ناوی پشتیوان مام هەمزەو ئازاد عوسمان ئەفەندی و فاروق عەلی مەولود هەبوە.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا، تیپی ٩٣ ی کۆیە یەکێ لە تیپە هەرە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە بووەو لەم رووەوە چالاکییەکانی تەنها سنوری دەشتی کۆیەیان نەگرتۆتەوە، بەڵکو لە کاتی پێویستدا لە دەرەوەی سنوری چالاکیی خۆیشیدا، لەگەڵ تیپەکانی تر، بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکاندا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی قەندیل و گرتنی بێتواتە لە ساڵی ١٩٨٣، شەڕەکانی قەیوان- ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦، ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنی دێگەڵە و داستانی رزگاری و گرتنی تەقتەق لە ساڵی ١٩٨٧ و ئۆپەراسیۆنی سەری رەش و شەڕەکانی دۆڵی جافەتی لە ساڵی ١٩٨٨.

بەشداریی تیپەکە لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، هەم لە سنوری دۆڵی جافەتی هەم لە سنوری ناوچەکانی دەشتی کۆیە و باڵەکایەتی، بەشدارییەکی کارا بووە.

ساڵی ١٩٨٩ لە سەروبەندی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تیپەکان و کارکردن بە سیستمی بەتالیۆنەکان، لە هەر سێ تیپی ٩١ ی سەفین و ٧٩ ی سادرو ٩٣ ی کۆیە، بەتالیۆنی ٩ ی پشدەر بە فەرماندەیی سەلیم حەمە ئاغا پێك هێنرا.

لە پلانی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یش، پێگەیەکی شیاو بۆ تیپەکە دانرا بوو. لە راپەڕیندا تیپەکە رۆڵێکی کارای لە سنوری پارێزگای هەولێردا گێڕا، بەتایبەتی لە ئۆپەراسیۆنەکانی رزگارکردنی کۆیەو هەولێر. پاش رزگارکردنی هەولێر، بەشێکی تیپەکە بەشدار بوو لە پاراستنی رێگای موسل- ئاکرێ- شەقلاوە، بەشێکی دیکەی تیپەکەش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوك .

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆسرەت (تیپ).

## کۆیە (چالاکیی پێشمەرگانەی ناو شار)

شەڕێکە لە ناو شاری کۆیە لە نێوان قوەتی حاجی قەڵا و هێزێکی گەورەی جاشەکان. لە ١٦ی ئابی ١٩٨١ مەفرەزەیەکی سەر بە قوەتی حاجی قەڵا کە لە ١٣ پێشمەرگە پێکهاتبوو، بە جێبێکی لاندرۆڤەر لەگوندی شەوگێڕەوە بەرەو شاری کۆیە بەڕێ کەوت و سەعات ١٦ گەیشتە ناو گەڕەکی جەمعیە. چونی پێشمەرگە بەڕۆژ بۆ ناو کۆیە کارێکی ئاسایی نەبوو. بەپێی ئەو نەخشەیەی کە مەفرەزەکە دایانبوو، نیاز وابوو پێشمەرگەکان هەر بەو ئوتومبیلەی پێی هاتبونە ناو شار، بچنە سەر بارەگای رێکخراوی

حزبی بەعسو دەستی بەسەردا بگرنو ئۆپەراسیونێکی کەم وێنە بەسودوەرگرتن لەفاکتەری سوپرایزو خۆ ئامادە نەکردنی هێزە حکومییەکانی ناو کۆیە بۆ کارێکی لەو جۆرە، ئەنجام بدەن.

بەڵام کاتێك پێشمەرگەکان گەیشتنە گەڕەکەکە، هێزێکی گەورەی جاشەکان کە بە مەبەستی دانانی بۆسە خەریك بوو بەرەو دەرەوەی شار دەڕۆیی، روبەڕوی پێشمەرگەکان بۆوەو ئەم روبەڕوبونە کتوپڕە نەخشەی پێشمەرگەکانی تێکداو ناچاری کردن لەشوێنێکی نالەباردا بەرپەرچی هێزەکانی دوژمن بدەنەوە. شەڕێکی گەرم بۆ ماوەی پێنج سەعات هاتە گۆڕێ کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر جاش کوژرا. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی بە ناوی ئەحمەد کوێخا ئیسماعیل ناسراو بە ئەحمەد بڕنەو و یەکێتی مەجیدو ٤ بریندارى هەبوو. شەڕەکە دەنگدانەوەی گەورەی لەکۆیەو دەوروبەری هەبوو.

ئەحمەد بڕنەو: لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی مام قلینجی خۆرئاوای شاری کۆیە. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووەو هەمان ساڵ بۆتە پێشمەرگە لە سنوری دەشتی کۆیە.

یەکێتی مەجید: لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی گوندی مام قلینج. دەرچوی ئامادەییە. ساڵی ١٩٧٩ لە دەشتی کۆیە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە.

## کەپکی جوانەگا (شەڕ)

شەڕێکی بەرەیی سەختە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ٩١ی سەفین و هێزەکانی سوپای عیراق لە کەپکی جوانەگا لە چیای کۆڕەك کە نزیکەی مانگێکی خایاند. لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ دا پاش چەند هێرشێکی یەك لەدوای یەکی هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی تۆپی دورهاوێژو کاتیۆشاو پاش ناکامیی هەموو هێرشەکان، سوپای عیراق بەخەستی چەکی کیمیایی بەکار هێناو لەم سۆنگەیەوە هێزەکانی تیپی ١٩ی کۆڕەكو تیپی ١٢ی سۆران کشانەوەو شوێنەکانیان بەجێ هێشت.

دواتر لە شەوی ٤ لەسەر ٥ی حوزەیراندا هێزەکانی دوژمن هێرشیان کردە سەر کەپکی جوانەگا کە دوا سەنگەری پێشمەرگە بوو لە چیای کۆڕەك و پاش شەڕێکی سەخت شوێنەکەیان لە کەرتێکی تیپی ٩١ی سەفین سەندەوە. بەڵام هەر ئەو شەوە هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی سەفین مەلا قەرە فەرماندەی تیپەکەو مەولود مام قلینجیی جێگری سەرتیپ هێرشی کردە سەر هێزەکانی دوژمن و کەپکی جوانەگای وەرگرتەوە. لێرە بەدواوە، بۆ ماوەی یەك مانگ، هێزەکانی سوپای عیراق بەردەوام هێرشیان کردۆتە سەر کەپکی جوانەگاو داویانەتە بەر تۆپو کاتیۆشا بەبێ ئەوەی بتوانن دەستی بەسەردا بگرن. هێزی پێشمەرگە لەبەر دژوارییی جەنگی کیمیاییو هێرشی ئەنفالەکان، دەرفەتی فریاکەوتنی هێزەکەی کەپکی جوانەگای نەبوو، بەڵام هەر چۆنێك بێ کەرتێکی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بە فەرماندەیی عوسمان بانی مارانی بە هانای هێزەکەوە چوو. ئەمەش بووە مایەی سەقامگیر کردنی گیانی بەرگریو خۆڕاگرتن. پاش ئەوەی دوژمن لە بەدەست هێنانی سەرکەوتن بێ ئومێد بوو، وازی لە ئۆپەراسیۆن هێنا و هێزەکانی کێشایەوە.

دوا بەدوای کشانەوەی هێزەکانی دوژمن، تیپی ٩١ی سەفین گەڕایەوە بۆ ناوچەی خۆشناوەتیو تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر لە سەنگەرەکان دامەزرا. لەم داستانەدا هێزی پێشمەرگە ١١ شەهیدو ٣٠ بریندارى هەبوو. ژمارەی کوژراوانی

دوژمنیش به دەیان بوو. لەو پێشمەرگانەی بەشدار بون لەو شەڕانەدا (جگە لەوانەی کەناویان هاتووە): جەلال سورەکانی، عومەر هیرانی، رەشۆ پونگینەیی، سیروان سماقوڵی، کاروان ساڵح، ئەحمەد جەمیل، رێباز بیرکۆتی، محەمەد سدیق.

## کەرت

١- یەکەیەکی پێشمەرگایەتییە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەی سەردەمی پێشمەرگایەتی لە ٣٠ تا ٦٠ پێشمەرگە پێکدێ کە بەسەر چەند مەفرەزەیەکدا دابەش دەبن. هەر ٤-٦ کەرت تیپێك پێکدێنن. مێژووی پەیدابوونی بۆ ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەی برادۆست لە ماوەی نێوان ٣١ی ئاب و ١٢ی ئەیلول بەسترا و تێیدا بڕیاری دروست کردنی هەرێمەکان درا.

تا ئەو کاتە هێزی پێشمەرگە تەنها لە یەکەی بچوکی مەفرەزە پێکهاتبوو، هیچ یەکەیەکی گەورەتر لە مەفرەزە نەبوو. لەو کۆبوونەوەیە بڕیار درا مەفرەزە ببێ بە بچوکترین یەکەی پێشمەرگایەتی و لە هەر چەند مەفرەزەیەك کەرت پێك بێ و لە هەر چەند کەرتێکیش هەرێم (دواتر تیپ).

هەر کەرتێك فەرماندەیەك و جێگرێك و رابەرێکی سیاسی و لێپرسراوێکی دارایی و برینپێچ و تەتەرێکی هەبوو. زۆربەی جاریش جێگر فەرماندەی یەکێ لە مەفرەزەکان بووە.

٢- لە پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٧ی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بەپێی ماددەی ١/٩ بچوکترین یەکەی هێزی پێشمەرگەیە و لە فەرماندە و جێگرێک و ١٢ تا ١٨ پێشمەرگە پێکدێ.

## کەرتی رێکخستن

یەکەیەکی پەیکەری رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە کە لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨١ بڕیار دراوە کاری پێ بکرێ. یەکەم کەرتی رێکخستن کە دروستکراوە، کەرتی رێکخستنی شەهید ئازاد مەلا محەمەدە کە ئاسۆ شێخ نوری لێپرسراوی بووە، ئەرکەکەی بەڕێوەبردنی شانەکانی رێکخستنی ناوچەی سەرکردایەتی بووە لە ساڵانی ١٩٨١ - ١٩٨٣ و یەکەم بارەگای لە زەڵێ بووە. لەپۆل گەورەترەو بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەران لە ساڵی ١٩٨٤، ئەم یەکەیە «لە لێپرسراوەکانی پۆلەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو پێکدێت». بەپێی پەیڕەو «ئەرکی بەڕێوەبردن و رابەرایەتیی رێکخستنی لە ئەستۆدایە لەو سنورەدا کە رێکخراو بۆی دیاری کردووە». کەرت دەسەڵاتی وەرگرتنی پاڵێوراوی ئەندامەتی و سڕکردنی ئەندامانی تا ماوەی سێ مانگ هەبوو.

بەپێی پەیڕەو سەرجەم پۆل و کەرتەکانی شارێك یان ناوچەیەکی دیاریکراو رێکخراویان لێ پێك دێ.

## کەرتی رێکخستنی چۆمان (تیپی شانۆ)

تیپێکی شانۆییە ئەندامەکانی پێشمەرگەو کادیری کەرتی رێکخستنی چۆمانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بون، ساڵی ١٩٨٤ لە سنوری هەڵسوڕانی کەرتەکە دامەزراوەو هەر لەو سنورەش بەرهەمەکانی پێشکەش کردووە.

تیپەکە تەنها دوو شانۆگەریی پێشکەش کردووە، یەکەمیان بە ناونیشانی «نەورۆزو سەرکەوتن» کە

نوسەرو دەرهێنەرەکەی شێرزاد رەنجەڕۆیەو ئەوی دیکە بە ناونیشانی «یەکی ئایار» کە نوسەرو دەرهێنەرەکەی ئازاد جندیانییە. لە تەك ئەم دوو شانۆگەرییە، تیپەکە بە هاوکاریی تیپی مۆسیقای پاشای کۆرە ئاهەنگێکی سرودو گۆرانیی نمایش کردوە.

ئەندامانی تیپەکە ئەمانەن: ئازاد جندیانی، شێرزاد رەنجەڕۆ، حەسەن برایم خان، جەلال ئاوارە، شێرزاد عەبدولرەزاق گەلاڵەییو چەند پێشمەرگەیەکی تر.

هەموو چالاکییەکانی ئەم تیپە لە ساڵی ١٩٨٤، لە کاتی ئاگربڕو وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراق، نمایش کراون. پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان هەردولادا لە ساڵی ١٩٨٥، تیپەکە دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخسا کە هیچ بەرهەمی دیکە پێشکەش بکات.

## کەرکوك (چالاکیی پێشمەرگانەی ناو شار)

چالاکییەکە سێ پێشمەرگەی ناوشاری رێکخستنەکانی کەرکوکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ناو شاری کەرکوك ئەنجامیان داوە. ئامانجی چالاکییەکە پاکتاوکردنی دوو ئەفسەری هێزی ئاسمانیی عێراق بوو. بەپێی نەخشەکە وا دانرابوو کە چالاکییەکە بە ماتۆڕسکیل ئەنجام بدرێ. کارەکان وا دابەش کران کە دوو پێشمەرگە ئەرکی جێبەجێ کردن بگرنە ئەستۆ، یەکێکیان ماتۆڕسکیلەکە لێخوڕێو ئەوی تر نارنجۆك فڕێ بداتە ناو ئوتومبیلی دوو ئەفسەرەکە. پێشمەرگەکەی تریش بەسواری لاندکروزێك لەدەرەوە چاودێریی چالاکییەکە بکاو ئەگەر دوو پێشمەرگەکە گیران یان کوژران، هەواڵەکە بباتەوە بۆ رێکخستن یاخود لە کاتی لێقەوماندا فریایان بکەوێ و بەئوتومبیلەکەی لەشوێنی چالاکییەکە دوریان بخاتەوە.

بەم پێیە، لە نێوان سەعات ١٣,٣٠ — ١٤ لەسەر رێگای هاتوچۆی فڕۆکەوانەکانی هێزی ئاسمانی عیراق، لە نزیك وێستگەی نەوتی کەی وەن ماتۆڕسکیلەکە چووە ئاستی ئوتومبیلی دوو ئەفسەرەکە و یەکێ لە پێشمەرگەکان دوو نارنجۆکی فڕێدایە ناو ئوتومبیلەکە، نارنجۆکەکان تەقینەوەو ئوتومبیلەکە ئاگری تێ بەربوو، لە ئاکامدا هەردوو ئەفسەری فڕۆکەوان کەیەکێکیان بە پلەی رائید و ئەوەی تر بە پلەی مولازمی یەکەم بوو، گیانیان لە دەست دا.

پەیامی چالاکییەکە ئەوە بوو کەتێکۆشەرانی کورد لە تاوانەکانی هێزی ئاسمانیی عیراق بێدەنگ نابن. لە پاش ئۆپەراسیونی لێدانی دام و دەزگا نەوتییەکانی عیراق لە بابا گوڕگوڕو چەمەبۆرو جەوەڵ بۆر لە١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، عیراق زۆر بە چڕی دەستی دابوە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی لە دژی مەدەنییەکان و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە.

لە ماوەی نێوان ١١ و ١٧ی تشرینی یەکەمدا عیراق لانی کەم هەشت جار هێزی ئاسمانیی بە مەبەستی گەیاندنی زۆرترین زیان بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە بەکار هێنا بوو و لەم سەروبەندەدا هەلیکۆپتەری جەنگیو پیلاتۆزو سیخۆی بەچڕی بەکار هێنا بوو.

لە ١١ی تشرینی یەکەمدا، تەنها یەك رۆژ پاش ئۆپەراسیۆنەکەی کەرکوك، هەلیکۆپتەری جەنگی کەوتە بۆردومان کردنی گوندەکانی دەوروبەری شاری کەرکوك. لە ناوچەی شوان هەلیکۆپتەر گوندەکانی پەلکانە، شەوگێڕ، کاوڵەسوار، شەیتان، کارێزو مەزیخەی خواروی بۆردومان کرد، لە ئاکامدا دوو هاووڵاتی کوژرانو هاووڵاتییەکیش برینداربوو.

لە ناوچەی کۆیە هەلیکۆپتەر هەردوو گوندی گۆمەشین و قزلووی بۆردومان کرد، لەئەنجامدا دوو ئافرەت و منداڵێکی سێ ساڵان کوژرانو چەند هاووڵاتییەکیش بریندار بون.

لە ناوچەی ئاغجەلەر هەلیکۆپتەر گوندەکانی کانی هەنجیرو شێخان و مۆردخواردەی خواروی بۆردومان کرد، لەئەنجامدا بۆردومانەکە بووە هۆی بریندار بونی هاووڵاتییەك و منداڵێك.

لە ناوچەی سورداش هەلیکۆپتەر گوندەکانی سورقاوشان و زێلین و دەرەناری بۆردومان کردو بەهۆی ئەم بۆردومانەوە زیانێکی زۆر بەر گوندەکان کەوت.

لە سنوری هەڵسوڕانی تیپی ٥٧ی سەگرمەدا هەلیکۆپتەر بە شێوەیەکی کوێرانە کەوتە بۆردومان کردنی چەند گوندێک لەوانە گوندەکانی مێولَی، شێخ جیری، تەکیە، وەستا خدر، حەفتا چەشمە، قایتەوەن، لە ئاکامدا بیست هاووڵاتی بریندار بونو زیانێکی زۆر بەر گوندەکان کەوت.

لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا چوار فڕۆکەی پیلاتۆز دوو جار لە ڕۆژێکدا کەوتنە بۆردومان کردنی هەردوو گوندی تیلیان و فەقێ میرزا لە دەوروبەری شاری کەرکوك. جاری یەکەم لەسەعات ٢ی پاش نیوەڕۆو جاری دووەم لە سەعات دوو و نیو. هەردوو بۆردومانەکە لەگوندی تیلیان بریندار بونی ٣ هاووڵاتیو لەگوندی فەقێ میرزا بریندار بونی ٨ هاووڵاتییان لێ کەوتەوە، سەرباری زیانێکی ماددیی زۆر. بۆ ڕۆژی دواتر، دیسان فڕۆکەکان هەردوو گوندیان بۆردومان کرد، لە ئەنجامدا هاووڵاتییەك کوژراو زیانێکی ماددیی زۆر بەر جوتیارەکان کەوت.

لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا چەند فڕۆکەیەکی پیلاتۆز گوندەکانی دۆڵی سماقولّیی پارێزگای هەولێریان بۆردومان کرد. هەر ئەو ڕۆژە لە ناوچەی کۆیە بە تۆپی دورهاوێژ گوندی باغە خدر نێر تۆپباران کرا، لە ئەنجامدا ٩ هاووڵاتی بریندار بون، لەوانە چواریان ژن بوون.

لە ١٧ی تشرینی یەکەمدا چوار فڕۆکەی سیخۆ کەوتنە بۆردومان کردنی گوندی سماقولّیو بۆردومانەکە هیچ زیانێکی گیانیی لێ نەکەوتەوە.

ئەم هەموو بۆردومان کردنە هاندەر بون بۆ بیرکردنەوە لە دەستوەشاندن لە ئەفسەرە فڕۆکەوانەکانی هێزی ئاسمانیی عیراق لە ناو شاری کەرکوك و لە سایەی ئەم هەلومەرجەدا چالاکییەکەی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦ی کەکوك ئەنجام درا.

## کەرکوک (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی موشەکباران کردنی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك لە شەوی ١١ لەسەر ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦. ئەم ئۆپەراسیۆنە زادەی هاوکاریی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەو باڵەی ناو حکومەتی ئێران و سوپای پاسدارانی ئێران بوو کە نەدەچوە ژێر باری ڕاگرتنی شەڕو خوازیار بوو تا روخاندنی رژێمی عیراق درێژە بە شەڕ بدا. باڵەکە لە ناوخۆدا گوشارێکی زۆری بۆ ڕاگرتنی شەڕ لەسەر بوو، بەڵام ئەو نەیدەویست رژێمی عیراق بە سەلامەتی لەو جەنگە دەرچێ. بۆیە بە دوای میکانیزمی گونجاوترو هاوپەیمانی تازەدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بە شەقام و رکابەرە سیاسییەکانی بسەلمێنێ کە لە توانای دایە درێژە بە شەڕ بدا و سەرکەوتنیشی تێدا وەدەست بێنێ.

لە سایەی ئەو هەلومەرجەدا، ئێران ساڵی ١٩٨٦ی بە ساڵی یەکلاکردنەوە ڕاگەیاندو لە چوارچێوەی ئەو ستراتیجەدا هەماهەنگیی زۆرتری لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عیراق کرد لەوانە یەکێتیی نیشتمانیی



کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبوڵڵای کورد و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق.
لە نیوەی دووەمی ئەو ساڵەدا قەرارگای ڕەمەزانی سوپای پاسداران وەرزێکی نوێی چالاکییەکانی دەست پێ کردو پلانی ریزە ئۆپەراسیۆنێکی بە ناوی ئۆپەراسیۆنەکانی فەتحەوە دانا. ئێرانییەکان بیریان لە لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك دەکردەوە، بەڵام کێشەکەیان لەوەدا بوو کە لە خۆیان رانەدەبینی بتوانن بگەنە نزیك دامەزراوە نەوتییەکان و وێرانیان بکەن. بۆیە لە رەوتی گفتوگۆدا لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئارەزوی یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگەیان بۆ لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك نیشان دا. کێشەی هێزی پێشمەرگە لەوەدا بوو کە لە توانایدا بوو بگاتە دەوروبەری کەرکوك، بەڵام چەکی پێویستی بۆ وێرانکردنی دامەزراوە نەوتییەکان نەبوو. لەم سۆنگەیەوە ئامادەیی ئێرانییەکان بۆ هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، دەیتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکا. لەم سەروبەندەدا بیرۆکەی جێبەجێ کردنی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش لە نێوان سوپای پاسدارانی ئێران و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك هاتە ئاراوە.

قەرارگای ڕەمەزان بڕیاری دا ئۆپەراسیۆنی فەتح ١ بە هاوبەشی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجام بدات و لەم سەروبەندەدا بارەگایەکی بۆ هەماهەنگی لە گوندی یاخسەمەری دۆڵی جافەتی دانا کە ئەرکەکەی هەماهەنگیی راستەوخۆ بوو بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە و دابین کردنی پێداویستییەکانی گواستنەوەی چەك بۆ دۆڵی جافەتی. لەم سەروبەندەدا هێزی پێشمەرگە نزیکەی پەنجا تۆن چەکی لە ئێران وەرگرت لەوانە کلاشنکۆف، دۆشکا، ئارپیجی ٧، هاوەنی ١٢٠ و ٨١ و ٦٠ ملم، بیکەیسی و هی تر. هێزی پێشمەرگە چەکە قورسەکانی کاتیۆشا و موشەکی سام ٧ی دژی فڕۆکەی بە درێژایی ١٨٠ کیلۆ مەتر، لە سێ قۆڵەوە، لە سنوری ئێرانەوە تا نزیك کەرکوك گواستەوە.

نەوشیروان مستەفا، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرپەرشتیی ئۆپەراسیۆنەکەی کردو خۆیشی سەرکردایەتیی ئەو قۆڵەی کرد کە لەگوندی مۆردخواردەی سەرووەوە لە نزیك خاڵخالان، دامەزراوە نەوتییەکانی بابا گوڕگوڕی بۆردومان کرد. قۆڵی دووەم بە محەمەد غەریب عەبدوڵڵا سپێردرا کە لەگوندی کەواڵەوە دامەزراوە نەوتییەکانی جەوەڵبۆری موشەکباران کرد. قۆڵی سێیەم بە مەحمود سەنگاوی سپێردرا کە لەگوندی تۆپخانەوە دامەزراوە نەوتییەکانی چەمەبۆری موشەکباران کرد.

دەوروبـەری ١٥٠ پاسداری ئێرانی بەشدار بوون لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کە زۆربەیان تەکنیککار بوون. هـاوکـات، لـەگـەڵ موشەکباران کردنـی دامــەزراوە نەوتییەکاندا، هێزی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر چەند پێگەیەکی سەربازی و نەوتی.

ئۆپەراسیۆنەکە لە هەموو جیهان دەنگی دایەوە سـەرەڕای ئـەوەی کـە بـەکـردەوە ئۆپەراسیۆنێکی سوپایی بـوو، بـەڵام پەیامێکی سیاسیی گـەورەی پێ بوو. بەهۆی ئەم ئۆپەراسیۆنەوە باڵی خوازیاری درێژەپێدانی شەڕ لە ئێران باڵادەستیی بەدەست هێناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش ئـەو پەیامەی بەگوێی رژێمی عیراقدا کە هێزی پێشمەرگە دەتوانێ بگاتە شوێنە ستراتیجییەکان و گورزی کاریگەریان لێ بوەشێنێ.

چـوارده تیپی هـێـزی پێشمەرگە بـەشـدار بون لـە ئۆپـەراسـیۆنـەکـەدا کـە ئـەمـانـەن: تیپی ٢١ی کەرکوک، تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، تیپی ٩٣ی کۆیە، تیپی ٢٣ی سورداش، تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، تیپی ٥١ی گەرمیان، تیپی ٥٣ی شێروانە، تیپی ٥٧ی سەگرمە، تیپی ٥٥ی قەرەداغ، تیپی مەڵبەندی ١، تیپی مەڵبەندی ٢ و تیپی مەڵبەندی ٤.

ئـەم ئۆپەراسیۆنە رێـی بۆ ئـەوە خـۆش کـرد کە ئێران پشتگیریی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بکا. لەم سەروبەندەشدا رێککەوتنێك لە نێوان ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان بۆ هـاوکـاری کردنی یەکتری ئیمزا کرا کە سەرەتای یەکخستنی هەوڵەکانیان بوو بۆ جێبەجێ کردنی تیۆریی کۆتایی هێنان بە جەنگ لە ڕێی روخاندنی رژێمی عیراقەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* تاران (رێککەوتننامە).

**پاشکۆی ژمارە یەك**

**بروسکەی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ نەوشیروان مستەفا و فەرماندەکانی بەشدار لە ئۆپەراسیۆنی کەرکوك**

لە مام جەلالەوە بۆ :

هەڤاڵی تێکۆشەر و هێژا فەرماندەی داستانی کەرکوك.

هەڤاڵی تێکۆشەر فەرماندەی مەڵبەندی یەکی قارەمان.

هەڤاڵی تێکۆشەر فەرماندەی مەڵبەندی دوی قارەمان.

هـەڤـاڵی تێکۆشەر فـەرمـانـدەی مەڵبەندی چواری قارەمان.

بـە سـڵاوێـکـی شـۆڕشـگـێـڕانـەی گـەرمـەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنی نەخشەی یەکێتیتان لێ دەکەم کە داستانی کەرکوکی لە مێژووی شۆڕش و گەلەکەماندا تۆمار کرد. سوپاسی خۆتان و هەموو لێپرسراوەکانی پێشمەرگە و هەموو سەرتیپەکان و فەرماندەی کەرتەکان و پێشمەرگەکانی بەشداربوو لـەو هەڵمەتە مێژووییەدا دەکـەم. ئەنجامدانی سەرکەوتووانەی نەخشەی یەکێتی بە هاوبەشیی خۆتان و پتر لە سێ هەزار پێشمەرگەی کوردستان و یارمەتیدانی تەکنیکیو چەك و تەقەمەنیی دۆستانی کۆماری ئیسلامی، کارێکە کەم نییە لە مێژووی شۆڕشو کوردەواریدا، کە لەتێکشکاندنی هێرشەکانی عەفلەقییە فاشییەکان بۆ سەر کوردستان و پەکخستنی قادسیە شومەکەیاندا دەورێکی گرنگ و گەورەی دەبێت.

ئـەم کـارە مێژووییە بێ وێنە و بێ هاوتایە لە مێژووی کوردستان و شۆڕشی کوردستاندا،

توانای زۆر و زەوەندی هێرشی پێشمەرگەی کوردستانی بە ڕێبەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دۆست و دوژمن دەرخستەوە.

ئەو راستییەشی دەرخستەوە کە هێشتا دەستی کورد دەگاتە نەوتە بە تالانبراوەکەی کوردستان، هەروەك گورزێکی کاریگەریشی لە نەخشەی گلاو و سیاسەتی ئیستعماری ئیستیتانیی عەفلەقی داوە، بەوەی کە دەرامەتەکەیان کەمدەکاتەوە، ئەو دەرامەتەی کە لە کڕینی چەك و تەقەمەنی و تانك و تۆپ بۆ وێران کردنی کوردستان و فریودانو کڕینی جاشەکان سەرف دەکرێت. هەر بۆیەش ئەم کارە مێژووییەنە هەتا هەتایە لە مێژووی کوردایەتی و شۆڕشدا هەر دەدرەوشێتەوە.

بەڕاستی هیچ زمان و ڕستەیەك توانای ئەوەی نییە نرخو ئەهەمیەتی ئەم کارە دەربڕێت. بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەروەك چۆن پێکهاتن و گەشەکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشەکەمان لەدوای ئاشبەتاڵ موعجیزەیەکی سیاسیو پێشمەرگانە بوو، ئەوهاش ئەم هێرشو هەڵکوتانەی ئێوە بۆ سەر کەرکوك و جەوەڵ بۆرو زەمبور، موعجیزەیەکی جەنگیی شۆڕشەکەی کوردستانە، موعجیزەیەکی جەنگی گەلە.

بێگومان گەلەکەمان و شۆڕشەکەمان و یەکێتییە نیشتمانییە کوردستانەکەمانیش لەجاران پتر دڵنیان لە سەرکەوتن چونکە بوونی رۆڵەی وەکو ئێوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئا ئەوها قارەمان و دلێر هەر نیشانەی سەرکەوتن و دەستەبەری پێشکەوتن دەبن.

دووبارە پیرۆزبایییەکی گەرم و سڵاوی شۆڕشگێڕانەو سوپاسی بێ پایان و هەر شاد و سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## بروسکەی نەوشیروان مستەفا بۆ تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسی

پیرۆزبایی لە جەنابتان و گەلەکەمان دەکەم کە لە شەوی ١٠ لەسەر ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦دا تۆپخانەی قورسی شۆڕشو کاتیۆشا تۆپبارانی بیرە نەوتەکانی بابە گوڕگوڕی کرد. هێزی پێشمەرگەی قارەمانی مەڵبەندی ٢ و مەڵبەندی ٤ لە هێرشێکی کتوپڕدا هەموو رەبیەکانی سەرکەلی سێکانیانی گرت کە دەکەونە سەر زنجیرە شاخی کانی دومەلان و دەڕوانێ بەسەر داوودەزگا پترۆڵییەکانی کەرکوکدا.

لەم هێرشەدا هەموو داوودەزگا گرنگەکانی کەرکوك خاپور کران و تا ئێستاش هەر دەسوتێن. هاوزەمان لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە گەورەیەشدا قاعیدەی سەربازیی دارەمان و وێستگەی تەقویەی تەلەفزیۆنی تەئمیم و وێستگەی تەشویش لە سەقزلیو حەسار و بارەگای فەیلەقی سوپا و بارەگای فرقەی ٢ و فڕۆکەخانەی هەلیکۆپتەر و قاعیدەی ئاسمانیی کەرکوك و چەندین شوێنی جاسوسیی گرنگ بە خەستی تۆپو گوللەباران کران .

ئەوەی شیاوی باسە، قورسایی گوللەکانی بۆ ئەم شوێنانە دانرابوون لە ٣٠ تەن زیاتر بووە و هەموو ئەم کارانەش لە ماوەی یەك سەعات جێبەجێ کران. هاوزەمان لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە گەورەیەشدا مەڵبەندی یەکی تێکۆشەر چاڵە نەوتەکانی زەمبور و جەوەڵ بۆری خاپور کرد. پێشمەرگەکانی مەڵبەندی ٤ی قارەمانیش جگە لە بەشدارییەکانیان لە تێکدانی بابە گوڕگوڕ، لە چەندین شاری سنوری مەڵبەندەکەی خۆیان داوە.

## پاشکۆی ژماره ٣

### ڕاگەیەندراوی دەزگای پێشمەرگایەتی دەربارەی ئۆپەراسیۆنی کەرکوك

ماوەی یانزە ساڵە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پشت بەستن بەجەماوەرو توانای تێکۆشەرە کۆڵنەدەرەکانییەوە لە خەباتێکی سەخت و دژواری بێ وچان دایە لە دژی عەفلەقییەکان کە بەئاگرو ئاسن خۆیان بەسەر جەماوەردا سەپاندووە و مافە دیموکراتییەکانی گەلانی عیراقو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد پێشێل دەکەن.

بۆیە ئەمڕۆ بە مەبەستی توندوتیژکردنی خەبات و گورزی کاریگەرتر وەشاندن لە ڕژێم و بۆ زەمینە خۆش کردنی روخاندنی، ناچار بووین یارمەتیی بێ قەید و شەرت لە حکومەتی ئێران وەربگرین بۆ لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك کە بونەتە سەرچاوەیەکی مانەوە و بەردەوامیی رژێم، بەڵام دوای ئەوەی بەڵێنی تەواویان دا کە چاویان لەعیراق نیەو نایانەوێ شێوەی رژێمی داهاتوش بەسەر جەماوەردا بسەپێنن.

چالاکییەکەش بەم شێوەیە بوو:

لە شەوی ١٠ لەسەر ١١ی تشرینی یەکەمدا هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی ٢ و بەپشتیوانیی مەڵبەندی ١ و ٤ کە خۆی لە نزیکەی ٣٠٠٠ پێشمەرگە دەدا، بەیارمەتیی چەكو پسپۆڕ و شارەزایانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەندین قۆڵەوە پەلاماری بیرە نەوتەکانی بابە گوڕگوڕ و زەمبورو جەوەڵ بۆریان داو ٤٠ تەن گوللە تۆپیان بەسەردا باراندن. هەروەها چەندین شوێنی تری سوپای عیراقیان خاپور کرد کە زەرەر و زیانێکی گەورەی بە دوژمن گەیاند.

## پاشکۆی ژماره ٤

### بروسکەی مەڵبەندی یەك بۆ نەوشیروان مستەفا

بەپێی نەخشەی دیاریکراوی بەڕێزتان هێزە هاوبەشەکانی مەڵبەندی یەك لەسەعات ١٢,٣٠ی شەوی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ بە تۆپی قورس و کاتیۆشا لە دوو قۆڵەوە بۆ ماوەی دوو سەعات تۆپبارانی چاڵە نەوتەکانی جەوەڵ بۆر و زەمبوریان کرد و هێرشیان کردە سەر بنکە سەربازیو ڕەبیەکانی دەورو پشتی. گوللە تۆپەکان شوێن مەبەستەکەیان بە چاکی پێکا و ئاگریان بەردایە هەموو دامەزراو و چاڵە نەوت و سەربازگەکان بە شێوەیەك کە دەنگی تەقینەوەی گوللە تۆپو ئاگرەکان هەموو ناوچەکەیان رۆشن کردبۆوە. لەم تۆپ بارانەدا زیاتر لە قورسایی ١٠ تەن ئاسن و باروت بەسەر بیرە نەوتەکاندا بارێنرا.

## کەرکوك (تیپ)

تیپی ٢١ی کەرکوك. یەکێکە لە تیپە بنچینەییەکانی هێزی پێشمەرگە کە لە ساڵی ١٩٨٢ دامەزراوەو سەر بە مەڵبەندی ٢ بوو.

پێشتر قەڵەمڕەوەکەی بەشێك بووە لە هەرێمی ٢ی کەرکوك کە ساڵی ١٩٧٧ بەپێی بڕیارەکانی کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی پێك هێنراوە. ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، هەندێ لە هەرێمەکان کران بە تیپ و هەندێکی تریان بەسەر چەند تیپێکدا دابەش کران. لەم چوارچێوەیەدا لە هەرێمی ٢ی کەرکوك یەك تیپ بە ناوی تیپی ٢١ی کەرکوك پێك هێنرا و پاشان لەو تیپە تیپی تر دروست کرا.

پاش پێکهێنانی تیپەکە، غەریب عەسکەری کە

فەرماندەی کەرت بوو، راسپێردرا سەرپەرشتیی تیپەکە بکا تا ئەو کاتەی فەرماندەی بۆ دادەنرێ. سنوری تیپەکە لە چەمی رەزانـەوە دەستی پێ دەکـرد، بە قەرەهەنجیردا تێدەپەڕی و دەگەیشتە کەرکوك و دوبز. پاش چوار مانگ لە پێکهێنانی تیپەکە، حەسەن حەمید ناسراو بە مام رۆستەم بە یەکەم فەرماندەی تیپی ۲۱ی کەرکوك دانرا.

ساڵی ۱۹۸۵ پلانێکی تازە بۆ تیپەکە دانرا و بڕیاریش درا گۆڕانکاری بەسەر لێپرسراوەتییەکانیدا بهێنرێ. بەپێی پلانی دانـراو و بە رەچاوکردنی بەربڵاویی سنوری تیپەکە، بڕیار درا تیپێکی دیکە لە سنوری تیپەکە دروست بکرێ. بەپێی پلانەکە، بڕیار درا تیپەکە بکرێ بە دوو تیپ و حەوت کەرتەکەی بەسەر هەردوو تیپدا دابەش بکرێن. تیپی یەکەم هەر بە ناوی تیپی ۲۱ی کەرکوك مایەوە، لە کەرتەکانی ۱ و ۲ و ٦ و نیوەی کەرتی تیپ پێك هات و سنورەکەی ناوچەکانی ساڵەیی و شوان و قەرەهەنجیرو کەرکوك و دوبزو پردێی گرتەوە کە زۆربەی دەشتی کەرکوك پێکدێنن و لە کەرتەکانی ۳ و ٤ و ٥ و نیوەی کەرتی تیپ، تیپێکی تازە بە ناوی تیپی ۲٥ی خاڵخاڵانەوە پێك هێنرا.

بەپێی پلانەکە، حەسەن حەمید گـوێزرایـەوە بۆ مەکتەبی عەسکەری و پلەی ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی پێ درا. لەو لاشـەوە سابیر رەسـول لە دەشتی هەولێرەوە گوێزرایەوە بۆ دەشتی کەرکوك و فەرماندەیی تیپی ۲۱ ی کەرکوکی پێ سپێردرا.

سـاڵی ۱۹۸٦ لـە چـوارچـێـوەی ئـاڵـوگـۆڕی فەرماندەی تیپەکاندا، سابیر رەسول گوێزرایەوە بۆ ناوچەی هەولێر، فەرماندەیی تیپی ۸۳ ی هەورێی پێ سپێردرا و حەمە زیاد غەریب ناسراو بە مەلا ئاراس فەرماندەی تیپی مەڵبەندی ۳ گوێزرایەوە بۆ کەرکوك و فەرماندەیی تیپی ۲۱ی کەرکوکی پێ سپێردرا. ساڵی ۱۹۸۷ حەمە زیاد غەریب لە گوندی مەرزیخەی شێخ بزەینی بە موشەکی فڕۆکەی پیلاتۆز شەهید بوو. بۆیە والی عەبدولقادر براخاس ناسراو بە جوامێر فەرماندەی تیپی ۲۳ی سورداش گوێزرایەوە بۆ کەرکوك و فەرماندەیی تیپی ۲۱ی کەرکوکی پێ سپێردرا. دوای قۆناغی شاڵاوەکانی ئـەنـفـال، شـۆڕش قـەرەهـەنـجـیـری سـەرپـەرشـتـیـی تیپەکەی کرد.

لە قۆناغی جیا جیادا چەند کادیرێکی عەسکەری پلەی جێگری فەرماندەی تیپیان وەرگرتووە لەوانە شێرزاد عەبدولحافیز شەریف، جەلیل سادق خورشید ناسراو بە حاجی هەڵمەت، دارای مامە قالە، شۆڕش قەرەهەنجیری. هـەروەهـا تیپەکە ژمـارەیـەکـی زۆر فەرماندەی کەرتی هەبووە لەوانە عوبێد نەجم، سەلام کـۆزەبـۆرە، نـازم حەمەی سلێمان، حەمە بازیانی، خەلیل بێدەری، حەسۆی قالە داوود، سیروان کوێخا نەجم، حەمەسور دووشیوانی، سەرباز حسێن، سالار بۆگدی، شاهۆ کەرکوکی.

تـیـپـی ۲۱ی کـەرکـوك یـەکـێ لـە تـیـپـە هـەرە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگەیە و بە تەنها و بە هاوبەشی لەگەڵ تیپەکانی تـردا، بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لـەوانـە بـەشـداریـی لـە ئـۆپـەراسـیـۆنـە گـەورەکـانـی هێزی پشتیوان (۱۹۸۲)، دابان- هەلاج (۱۹۸٥)و موشەکباران کردنی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك (۱۹۸٦)، شەڕەکانی قـەیـوان- مـاوەت (۱۹۸٦)، ئـۆپـەراسـیـۆنـی داسـتـانـی رزگـاری (۱۹۸۷) و شەڕەکانی دۆڵی جافەتی لە ساڵی ۱۹۸۸ بەتایبەتی لە بەرەکانی ئاسۆس، شارستێن و تەوەکەل، سەرباری شەڕەکانی گۆپتەپە (۱۹۸٥) بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی ۲٥ی خاڵخاڵان، تۆمارو گورگان (۱۹۸٦)، سـاتـی (۱۹۸٦)، سـورکـەل (۱۹۸۷) و کـارێـزی

خاڵخاڵان (١٩٨٧).

لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالیش لە ساڵی ١٩٨٨ بەرگرییەکی سەختی نواند. پاش شاڵاوی ئەنفالەکان، کادیرە عەسکەرییەکانی تیپەکە بەشدارییەکی کارایان لەو خولە عەسکەرییانەدا کرد کە لە ئێران ساز کران، لەوانە خولی فەرماندەیی تاران کە سوپای پاسدارانی ئێران، بە رێککەوتن لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ هێزی پێشمەرگەی ساز کرد بوو و تیپی ٢١ی کەرکوك بە ٩ کادیری عەسکەری و سیاسی بە ناوی جەلیل سادق خورشید ناسراو بە حاجی هەڵمەت، خالید محەمەد عەلی ناسراو بە شێرکۆ، محەمەد مستەفا سەقەر ناسراو بە حەمە سەقەر، رەوەند مەحمود، هەڵمەت رەئوف خەلیفە، خالید عارف حەسەن ناسراو بە راپەڕ، یوسف حازم محەمەد عومەر، فەوزی عەبدولڕەحمان ئەحمەد و هێمن عەزیز بەشداریی تێدا کردووە. ئەم ژمارەیە نزیکەی ١٣٪ی سەرجەمی بەشداربووانی خولەکە پێکدێنێ و بە گەورەترین رێژەی بەشداری کردن دەژمێردرێ.

## کەریم ئەحمەد خدر ئەمین



پێشمەرگەی دێرین و جێگری فەرماندەی تیپ و پێشمەرگەی پارتیزان. ناسراو بە شێخ کەریم چاوڕەش. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی گوندی چەم سورخاوی سەر بە ناحیەی قادر کەرەم. گوندەکەی خوێندنگەی لێ نەبوە، بۆیە نەخراوەتە بەر خوێندن بەڵام دواتر لە پێشمەرگایەتیدا فێری خوێندن و نوسین بووە.

ساڵی ١٩٧٧ کاتێك ناوی بۆ خزمەتی سەربازی هاتەوە، رەتی کردەوە سەربازی بۆ رژێمێك بکا کە مافەکانی گەلەکەی زەوت دەکاو خەریکی بەعەرەب کردنی وڵاتەکەیەتی، بۆیە بەگەرمیاندا گەڕا تا مەفرەزەکانی پێشمەرگە بدۆزێتەوەو پەیوەندییان پێوە بکا بەڵام لەبەر ئەوەی پێشمەرگە تازە لە ناوچەکە پەیدا ببۆوە، نەیتوانی بیاندۆزێتەوەو پەیوەندییان پێوە بکا.

ساڵی ١٩٧٨ هەوڵدانی بۆ پەیوەندی کردن بە هێزی پێشمەرگەوە سەری گرتو لە کەرتی ٣ی گەرمیانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨١ بوە جێگری فەرماندەی مەفرەزەو لە ساڵی ١٩٨٢دا پاش پێکهێنانی تیپی ٥١ی گەرمیان پلەی بەرز کرایەوەو بووە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٣ لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی کەرتی پێ سپێردرا و زۆری نەخایاند کرایە فەرماندەی کەرت. ساڵی دواتر بۆ سنوری کەرتی یەك گوێزرایەوە کە قەڵەمڕەوەکەی سێگۆشەی کەرکوك- قادر کەرەم- دوزخورماتوی گرتۆتەوە.

ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ پێکهێنانی تیپی ٥٩ی حەمرین، کرایە جێگری فەرماندەی تیپەکە. هەر ئەو ساڵە بە هەمان پلەوە بۆ سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان گوێزرایەوە.

لە کاتی بەرێوەچونی شاڵاوی سێیەمی ئەنفالدا کە بە ئەنفالی گەرمیان ناسراوە بەشدارییەکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکەدا کرد. سەرەڕای ئەوەی کە هێزەکانی عیراق توانیبویان دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن و هەموو دانیشتوانەکەی راگوێزن، بەڵام خۆیو حەوت پێشمەرگەو هەندێ لە کەسوکاری بڕیاری مانەوەو چۆڵ نەکردنی

ناوچەکەیان دا. دواتر ژنو منداڵەکانی ڕەوانەی ئێران کردو پەیوەندیی لەگەڵ مەفرەزەکانی تری گەرمیاندا دروست کردەوەو پێکەوە نەخشەی شەڕی پارتیزانییان دانا.

لە ئابی ١٩٨٩ ئاڵوگۆڕ بە مەفرەزە پارتیزانەکان کرا و لەم سۆنگەیەوە خۆیو مەفرەزەکەی کشانەوە بۆ بنکەکانی سەر سنور. بەپێی بەرنامەی تازەی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، کرایە فەرماندەی تیپی پلە یەکو دواتر خرایە سەر هێزی تایبەت کەبارەگاکەی لەگوندی زەڵێ بوو.

لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدارییەکی کارای لە رزگارکردنی ناوچەکانی گەرمیاندا کردو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا لێپرسراوەتیی قۆڵەکانی حەی عەسکەریو قادسیەو شۆرجەی پێ سپێردرا.

دوای ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ١١٦ی قەڵاچوالان و دواتر کرایە جێگری فەرماندەی هێزی ٢ی قەرەداغ. لەگەڵ پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستاندا کرایە ئەندامی فەرماندەیی ناوچەی کەرکوك.

لە ساڵی ١٩٩٤دا دوا بەدوای پێکهێنانی لیوا تایبەتەکان، کرایە فەرماندەی یەکێ لە لیواکان و هەر ئەو ساڵە کرایە کارگێڕی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ٢٠٠٣ لە کاتی هێرشی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ سەر عیراق، کرایە جێگری فەرماندەی قۆڵی قادر کەرەم- دوزخورماتوو.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٣ جار بریندار بووە. لە ماوەی نێوان ٢٠٠٥-٢٠٠٩دا لە سنوری کەرکوك لێپرسراوەتیی لیژنەی خانەنشین کردنی پێشمەرگە دێرینەکانی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی راوێژکار خانەنشین کرا.

## کەریم عوسمان*



هونەرمەندی شانۆو کادیری راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٧١ خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٢ دوای ئەوەی کە نەجمی برای بۆتە مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی بەسرە، کەریم لەگەڵیدا چۆتە بەسرەو لەوێ خوێندنی ناوەندیی بە زمانی عەرەبی تەواو کردووە. ئەمە ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساندووە کە بەباشی فێری زمانی عەرەبی ببێ. ساڵی ١٩٧٤ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەوێ خوێندنی دواناوەندیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ لە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراوە. لەوێ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. پاش تەواوکردنی خوێندن لە بەغدا لە ساڵی ١٩٨٢، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، لەوانە دڵشاد مەریوانی و عوسمان شەیدا و عەبدولڕەحمان قادر غەفور ناسراو بە شێخ عەبدول، لەیەکێ لەکەرتەکانی ڕێکخستن ڕێك خراوە.

لەو ماوەیەدا رۆڵی رایەڵەی پەیوەندیی نێوان دەستەبژێری رۆشنبیری شاری سلێمانیو دامەزراوە رۆشنبیرییەکانی شۆڕشی دیوەو بەشێکی زۆری شیعرو نامەکانی شێرکۆ بێکەس و دڵشاد مەریوانی لە ڕێگەی ئەوەوە گەیشتۆتە دەستی شەهابی برای کەپێشمەرگە بووەو نامەکانی گەیاندۆتە دەست سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو


دامــەزراوە رۆشنبیرییەکان. هــەر لــە ڕێــی کــەریم عوسمانەوە کاسێتی سرودی «مەشخەڵان» بە شێوەی سکێچ گەیشتۆتە بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و دواتر وەك مارشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەخش کراوە. هەروەها لەدەرفەتی گونجاودا رۆڵی هەبوە لەناردنی کۆمەك و دەرمـان بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و هەندێ ئامێری موزیك بۆ تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لە بەرگەڵوو.

ژیــانــی هــونــەریــی بــە ژیــانــێــکــی دەوڵــەمــەنــد دەژمێردرێ. لە ژمارەیەکی زۆری شانۆگەرییەکاندا بەشداریی کردووە، لە هەندێکیاندا وەك کاراکتەری سەرەکیو لە هەندێکی دیکەدا دەرهێنەر بووە. ساڵی ١٩٧٩ بەشدار بوو لە شانۆگەریی «ئەو پیاوەی بوو بە سەگ» کە لە بەغدا لە بارەگای کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی نمایش کرا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٦دا لەچەند شانۆگەرییەکدا بەشدار بووە وەك «دوورەگ» و «مانگی ئاوابوو». هەروەها بەشداریی لە چەند شانۆگەرییەکی وەرگێڕدراودا کردووە وەك «کەللە سەر»ی شاعیری گەورەی تورك نازم حیکمەت کە دڵشاد مەریوانی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو جەلیل زەنگەنە لە ساڵی ١٩٨٧ دەری هێناوە. هەر ئەو ساڵە بەشدار بووە لە زنجیرە درامای «خاتوو کڵاوزەر»و رۆڵی میری ئامێدیی تێدا گێڕاوە. چەند شانۆگەرییەکیشی دەرهێناوە لەوانە شانۆگەریی «کەمانجەی رۆچێلد» لە ساڵی ١٩٨٧ کە بە یەکێ لە شانۆگەرییە هەرە سەرکەوتووەکانی مێژووی شانۆی کوردی دادەندرێ. لە ساڵی ١٩٨٩دا شانۆگەرییەکی شکسپیری بۆ کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین دەرهێنا و دوای نمایش کردنی بە زمانی ئینگلیزی لە فیستڤاڵی زانکۆکانی عیراق لە موسل، پلەی یەکەمی فیستڤاڵەکەی بەدەستهێنا.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وەك بێژەر کاری کردو وەك کادیرێکی کارا هەموو توانای خۆی بۆ پەرەپێدانی راگەیاندنی بینراو خستە گەڕ. لەو ماوەیەدا کاریگەریی، وەك کادیرێکی راگەیاندن، لەسەر رای گشتی گەیشتە رادەیەکی هەستپێکراو. هەوڵی تیرۆرکردنی لە هەولێرو بریندار کردنی، زۆر بە ڕونی نیشانی دەدا کەنەیارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چیتر ئامادە نەبون بیهێڵن بەردەوام بێ لەسەر کارکردنە سەر رای شەقام.

لە کاتی گەلەکۆمەکێی رژێمی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئابی ١٩٩٦ لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێرشی هاوبەشیان بۆ سەر هەولێر، کەریم عوسمان خۆی گەیاندە بارەگای ئێزگە و بە دەنگە زوڵاڵەکەی بەرپەرچی گەلەکۆمەکێکەی دایەوە. پاش دەرچونی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەستگرتنی گەلەکۆمەکێکە بەسەر هەولێردا، کەریم عوسمان لە هەلومەرجێکی نادیاردا شوێنبزر کرا.

## کەریم مەولود ئەحمەد*



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە پۆڵا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گوندی قورشاغلووی دەوروبەری شارۆچکەی قوشتەپە لە دەشتی هەولێر. خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لەگوندەکە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٣ ماڵیان بۆ هەولێر گواستۆتەوەو لەوێ قۆناغی خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووە.

پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە. لەو قۆناغەدا لە ڕێی هەندێ لە کەسوکاری، ئاشنایی لەگەڵ ڕێکخستنەکاندا پەیدا کرد بەڵام بە هۆی بچوکیی تەمەنییەوە، لە ڕیزی ڕێکخستنەکان ڕێك نەخرا. لە ساڵی ١٩٧٩دا بە شێوەیەکی فەرمی وەرگیرا و لەو ماوەیەدا وەك هەڵسوڕاوێکی وریا و چاپوك ڕۆڵی کادیری ڕێکخستنی گێڕاوەو ژمارەیەکی زۆر دۆستو لایەنگرو ئەندامی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەران پەیدا کردووە. لەم قۆناغەی ژیانیدا خۆی فێری سەرتاشی کردووەو سەرتاشخانەیەکیشی لەسەر ڕێی مەخمور داناوە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە تیپی ٨٣ی هەورێ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لەیەکێ لەگەورەترین ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە کە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوانە. ئەم ناوە کۆدی فەرمیی هاوکاریی نێوان هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە بۆ ڕاگرتنی پێشڕەویی هێزی پاسدارانی ئێران و کەم کردنەوەی فشاری لەسەر ڕێگای سەردەشت-خانە. لەم ئۆپەراسیۆنەدا کەریم لە بەرەکانی کونە مشكو ئالۆەتان شەڕی کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٣دا بۆتە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندزو لە ساڵی ١٩٨٥دا کراوەتە ڕابەری سیاسیی تیپی ١٢ی سۆران. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سەرباری کارکردنی لە بواری ڕێکخستن و هۆشیاریی پێشمەرگەدا، زۆر جار ڕۆڵی مامۆستای لە خوێندنگە سەرەتاییەکانی لادێدا دیوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە دۆڵی ئاکۆیان و دەشتی هەریر، سەرباری بەشداریی لە چەند ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی وەك شەڕەکانی قەیوان- ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦دا. لە کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوی ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨، بەشداریی لە بەرپەرچدانەوەی دوو شاڵاودا کردوە، یەکێکیان شاڵاوی یەکەمی ئەنفالە بۆ سەر دۆڵی جافایەتی لە شوبات و ئازارداو ئەوی تریان شاڵاوی پێنجەمی ئەنفالە بۆ سەر ناوچەی ڕەواندز لە ئایارو حوزەیراندا. لە ٢٩ی ئایاری ١٩٨٨دا لە هێرشێکی بەربڵاوی سوپای عیراقو جاشەکاندا بۆ سەر چیای کێل کێل، لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا شەهید بوو.

## کەسنەزان (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هاوبەشی هەردوو تیپی ٨٥ی بەڕانەتیو ٩١ی سەفینە لە نزیك گوندی کەسنەزان لەسەر ڕێی هەولێر ـ کۆیە.

لە ٩ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٥ هێزێکی هاوبەشی هەردوو تیپی ٨٥ی بەڕانەتیو ٩١ی سەفین لە نزیك گوندی کەسنەزان لەسەر ڕێی هەولێر ـ کۆیە بۆسەی دانا. سەعات ١٦ سێ ئوتومبیلی جاشەکان کەوتنە بۆسەکەوەو تەقەیان لێ کرا. لە ئاکامدا ٦ جاشی سەر بەیەکەی ٧٨٧٧ کوژران، یەکێکیان فەرماندەی مەفرەزە بوو، لەوانە ناوی چواریان لەرادیۆی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرایەوەو ٧ جاشی تریش بەدیل گیران. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە دوو ئوتومبیلی لاندکروزەرو پیکاب شۆفەرلێت و ٩ پارچە چەك بوو.

# کەلار (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە کەلار لە قۆناغی کۆتایی ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱.

لە ۲۵ی ئازاری ۱۹۹۱ هێزێکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران کە حکومەتی عیراق لەکاتی شەڕی عیراق- ئێران پشتگیریی کردووەو ڕێی پێ داوە بارەگاو بنکە لە ناو خاکی عیراق دابنێ، بە پاڵپشتی تانك لە قەرە تەپەوەو بە ڕێی کۆکس دا دزەی کردە ناو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەو لە گوندی شێخ لەنگەر دەستی بە تەقەکردن کرد لە هەر کەسێك کە بەرچاوی دەکەوت. بەشێکی هێزەکە لە خوار کەلار جێگیر کرا و لەوێوە دەستی بە تۆپباران کردنی ناوشارو قەڵای شێروانە کرد. چەند تانکێکیش چونە ناو کەلارو کەوتنە دەستڕێژکردن لەهاووڵاتییان و شێواوی و ترسیان لە ناو شار بڵاوکردەوە.

پلانەکە بەو شێوەیە بوو کە کەلار لە باکورو باشورەوە گەمارۆ بدرێ. دەستەیەك پێشمەرگەی دەربەندیخان کە لە شەڕی خانەقین گەڕابونەوە، لە ملەی بەردەسور، لەو کاتەی کە تانکەکان وەردەچەرخێنو دەیانەوێ روو بکەنە کەلار، لێیان هاتنە دەست و دایانە بەر ئاگری چەکەکانیان، لەوێ دوو تانکیان تێکشکاند. لە قەڵای شێروانەش مەفرەزەیەکی تر بە فەرماندەیی سەمەد ئۆمەربلی تەقەی لە بەشێکی هێزەکە کرد، هێزێکی تریش بە فەرماندەیی عوسمان حاجی مەحمود کە تازە لە دوزخورماتو گەڕابۆوە، بۆسەی بۆ بەشێکی تری هێزەکەی موجاهیدین دانا و یانزە کەسی لێ کوشتن. پاش شەڕێکی دەستەویەخە، ئەو بەشەی هێزەکەی موجاهیدین کە فریای راکردن و کشانەوە کەوت، رزگاری بوو، ئەوی تر هەمووی لەناو چوو.

هێزەکەی موجاهیدین بۆ ئەوەی بتوانێ دزە بکاتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە، وێنەی تاڵەبانییان لە تانك و ئوتومبیلەکان دابوو، بۆیە هێزی پێشمەرگە لێ گەڕا بوو بێنە ناوچە رزگارکراوەکان، وایزانی بوو بەشێکی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن.

ژمارەیەك فەرماندەو پێشمەرگە بەشدار بوون لە شەڕەکاندا لەوانە عوسمان حاجی مەحمود، سەلام کوێخا عەزیز، فەلاح حاجی محەمەد، نەوشیروان ئەحمەد، شکور قەرەبڵاخی، ئەحمەد زەرداوی، جەمال عەبدوڵڵا، کامەران حسێن عەباس، بەرزان حسێن عەباس، عەلی عەبدوڵڵا ناسراو بە مامۆستا عەلی، عومەر فەرەج و ئەحمەد حاجی رەشید. پێشمەرگە شەهیدی نەبوو بەڵام هەندێ پێشمەرگە لە شەڕەکاندا بریندار بون. لە هاووڵاتییان چەند شەهیدێك هەبوو لەوانە محەمەد پەژار، کەریم عەبدولڕەحمان گردە گۆزینەیی، عومەر حەسەن قادر، عەلی نەجار.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران: ڕێکخراوێکی سیاسییە ساڵی ۱۹٦٥ لە ئێران دامەزراوەو رۆڵێکی بەرچاوی لە ڕوخاندنی رژێمی شادا هەبوە. پاش روخانی رژێمی شا لە ساڵی ۱۹۷۹، پەیوەندیی ڕێکخراوەکە لەگەڵ رژێمی تازەی ئێران گرژییەکی زۆری تێکەوت و گەیشتە رادەی پێکدادان. لە ئەنجامدا مەسعود رەجەوی، سەرۆکی ڕێکخراوەکە، لە ساڵی ۱۹۸۱دا لە ئێران رایکردو لە فەرەنسا گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە ڕێکخراوەکە دەستی بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك کاری تیرۆریستی کردو چەند گەورە بەرپرسێکی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کوشت لەوانە ئایەتوڵڵا محەمەد بەهەشتی سەرۆکی پارتی کۆماری ئیسلامی، محەمەد عەلی رەجایی سەرۆکی کۆمارو محەمەد جەواد باهونەر سەرەك وەزیران.

لە کاتی شەڕی ئێران-عیراقدا ڕێکخراوەکە

پشتگیریی رژێمی عیراقی کردو سەربازگەی بۆ مەشق و راهێنان لە ناو خاکی عیراق کردەوە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستاندا، ڕێکخراوەکە شان بە شانی هێزەکانی رژێمی عیراق، بەشداریی لە سەرکوت کردنی ڕاپەڕینەکەدا کردووەو ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان بە دەستی چەکدارەکانی ئەم ڕێکخراوە شەهید کراون.

## کەلتور (گۆڤار)




گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە. پێنج ژمارەی لێ دەرچووە. محەمەد موکری تا ژمارە ٤ سەرنوسەری بووە. ژمارە ٥ بە ڕەنجی ئەرسەلان بایز و جەوهەر کرمانج دەرچووە. قەبارەی گۆڤارەکە فولسکابەو ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٤٠٠ لاپەڕە کەمتر نییە. ژمارە ١، لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٨. ژمارە ٢-٣ لە ساڵی ١٩٨٨. ژمارە ٤ لە حوزەیرانی ١٩٨٩. ژمارە ٥ لە تشرینی دووەمی ١٩٩٠ دەرچووە. تا ژمارە ٣ لەگوندی یاخسەمەر دەرچووەو دوو ژمارەکەی تریش لە شاری سەقز لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرچوون.

سکرتێری نوسینی گۆڤارەکە حەمە کەریم عارفەو یەکەم دەستەی نوسەرانی لە فەرید ئەسەسەرد، فایز یونس، سەلام زەندی و ڕێبوار سەعید پێکهاتووە.


بابەتەکانی دووتوێی ئەم گۆڤارە بابەتی هەمەجۆری ئەدەبی، هونەری، رۆشنبیریی گشتین و بریتین لە نوسین و تێکستی درێژ. تەنیا چەند دەقێکی خۆماڵیی تێدایە ئەگەرنا نوسینەکانی تر بابەتی وەرگێڕدراون، یاخود لە زمانەکانی تر ئامادەکراون. زۆربەی بابەتەکان بە کۆششی محەمەد موکری، حەمەکەریم عارف، ئەرسەلان بایز، سەلام زەندی، فایز یونس. نوسراون یان لە زمانی ترەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

هەموو بابەتەکان بەختیار محەمەد شەریف تایپی کردوون و دیزاینەری بەرگ و لاپەڕەکانی ناوەوەی چوار ژمارەی بەرایی ڕێبوار سەعیدە. سێ ژمارەی یەکەمی لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو چاپ کراون، ژمارە ٤ و ٥یش لە سەقز.

ئەم گۆڤارە هەم لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەوە هەم لە ڕووی قەبارەو هەم لە ڕووی بابەتەوە بۆ ئەو سەردەمە داهێنانێکی تازە بوو. بابەتە بڵاوکراوەکان بابەتی دوور و درێژن و لە دوتوێی گۆڤارەکەدا چەردەیەك ڕۆمانی وەرگێڕدراوی چەند ڕۆماننوسێکی بەناوبانگی وەك ئەلبێر کامۆو گۆگۆل و هی تر بڵاو کراونەتەوە.

لە سەروتاری ژمارە ١دا هاتووە «خوێنەری کورد لە هەموو خوێنەرێکی گەلانی ئەم ناوچەیە بێبەشترە لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی بێگانە بە زمانی خۆمان... هەڵبەتە ئەو بەرهەمە ئەدەبی و

هونەرییانەی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، تینوێتیی سەرلەبەری خوێنەری کورد ناشکێنن و ئەمە جگە لەوەی کەم و زۆر کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند نابێ، بۆیە ئێمە لەم گۆڤارەدا هەوڵ دەدەین بەشێك لەو کەلێنە گەورەیەی نێوان جەماوەرە بەرینەکەی خوێنەران و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و کەلتووریی بێگانە پڕ بکەینەوە».




## کەلتور (گۆڤار)

گۆڤارێکی سیاسی، فیکری و رۆشنبیرییە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران وەرزانە دەری کردووە. یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ دەرچووە. بابەتەکانی بەسەر سەروتار، ڕاپۆرت و بەدواداچون، لێکۆڵینەوە، چاوپێکەوتن و نمایش کردنی کتێبدا دابەش کراون، سەرباری گۆشەیەك بە ناونیشانی «لە کەلتورەوە» کە جێگری سەرنوسەر نوسیویەتی.

سەرنوسەرەکەی فەرید ئەسەسەردە. لە ژمارەکانی نێوان ١ - ٤ جێگری سەرنوسەر حەسەن یاسینەو لە ژمارە ٥ بەدواوە جەمیلە مەحمود کەریم ئەرکی جێگری سەرنوسەری گرتۆتە ئەستۆ. بەڕێوەبەری نوسین لە ژمارەکانی نێوان ١ - ٤ عوسمان حەمە ڕەشید گورونەو لە ژمارە ٥ بەدواوە گۆڤارەکە لێپرساوەتیی بەڕێوەبەری نوسینی نەماوە. یەکەم بەڕێوەبەری هونەریی گۆڤارەکە هەوراز محەمەدەو لە ژمارە ٣ بەدواوە هەرێم جەزا بۆتە بەڕێوەبەری هونەری، بەڵام لە ژمارە ١١ بەدواوە توانا عومەر ئەم کارەی گرتۆتە ئەستۆ.

ئەم گۆڤارە بە شێوەیەکی تایبەت لە مەسەلە فیکرییەکانی کۆڵیوەتەوەو بایەخی تایبەتی بەنمایش کردنی بیروباوەڕی سۆسیال دیموکراسیو دیکۆمێنت کردنی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوە.

لەم ڕووەوە ئەو چاوپێکەوتنانەی کەگۆڤارەکە وەك هەوڵێك بۆ فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی دیکۆمێنت کردنی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بزاڤی کوردایەتی بڵاوی کردونەتەوە، بایەخێکی دیکۆمێنتاری زۆریان هەیە، بەتایبەتی کەژمارەیەکی زۆر لەو کەسایەتییانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە، شارەزاییەکی زۆریان لەسەر وردەکارییەکانی ڕوداوەکان هەبووەو بەشێکیشیان بەشدار بون لە دروست کردنی ڕوداوەکانداو لەهەندێ قۆناغی دیاریکراودا لێپرساوەتیی باڵایان هەبووە لەوانە فەرەیدون عەبدولقادر، دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی، دکتۆر خدر مەعسوم، چەتۆ حەوێزی، یوسف زۆزانی، عادل موراد و عەبدولڕەزاق عەزیز

میرزا.

هەمو ژمارەکانی بە تیراژی ٣٠٠٠ دانە لە چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی لە شاری سلێمانی چاپ کراون.

لە ژمارە ٨ دا کە لە کانونی یەکەمی ٢٠١٢ دەرچــوە، گۆڤارەکە دەستەیەکی نوسەرانی بۆ پێکهێنراوە کە ئەندامەکانی لە محەمەد فاتیح و رەفعەت موراد‌ی و خەڵەف غەفور پێکهاتوون.

قەیرانی دارایی ساڵانی ٢٠١٤ بە دواوە کاریگەریی خراپی لەسەر گۆڤارەکە بەجێ هێشت و بووە مایەی پەکخستنی. لە ساڵی ٢٠١٥دا گۆڤارەکە تەنها یەک ژمارەی لێ دەرچووە ئەویش ژمارە ١٤یە کە لە کانوونی دووەمدا دەرچووە. بە درێژایی ئەو ساڵە هیچ ژمارەیەکی تری لێ دەرنەچووە.

بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧دا هەوڵێکی لێبڕاوانە بۆ تێهەڵچونەوەی گۆڤارەکە درا و پلان بۆ گەڕێکی تر دانرا. لە ئاکامدا خولی دووەم، پاش وەستانێکی ١٨ مانگە، لە تەموزی ٢٠١٧دا بە دەرچونی ژمارە ١٥ دەستی پێ کرد. بەڵام ئەم خولە کە بە خولی دووەمی گۆڤارەکە دادەنرێ، سەرەڕای هەموو هەوڵ و کۆششەکان، هەر ئەم تاکە ژمارەیەی لێ دەرچوو.

## کەڵکان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان دەستەی تایبەتی فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێرو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە٣ی تەموزی ١٩٨٠ لەگوندی کەڵکانی بناری چیای کۆسرەت لە ناوچەی کۆیە.

لە کۆبونەوەی ئازاری ١٩٨٠ی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لێپرساوەتیی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر بە مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ عەلی سپێردرا. لە حوزەیراندا فەرماندەی تازەی هەرێمەکە کەوتە رێ بۆ دەستبەکاربون لە سنوری هەرێمی دەشتی هەولێر. هێزە یاوەرەکەی تەنها لە دەستەی تایبەتی خۆی پێك هاتبوو. لە ڕێگادا مەفرەزەکە لە دەوروبەری سەنگەسەر توشی هێزێکی جاشەکان بوو و پێکدادان لە نێوان هەردولادا روی دا.

لە ٣ی تەموزدا مەفرەزەکە گوندی کەڵکانی بناری چیای کۆسرەتی بەجێ هێشت و روی کردە گوندی خدران. لە نزیك گوندی کەڵکان هەلیکۆپتەرەکانی سوپا کە بەسەر ناوچەکەدا دەسوڕانەوە، چاویان بە مەفرەزەکە کەوتو دەمو دەست هێرشیان دەست پێ کرد. لە ئاکامدا شەڕێکی نابەرابەر رویدا.

لەم شــەڕەدا هێزەکانی سوپا پێکهاتبوون لە ژمارەیەکی زۆری سەربازی پیادە بە پشتیوانیی ژمارەیەکی زۆری جاش و هەلیکۆپتەری جەنگی. لە کاتی شەڕەکەشدا سوپا هەلیکۆپتەری بارهەڵگری بۆ دابەزاندنی ژمارەیەکی زۆری سەرباز لەسەر چیای کۆسرەت بەکار هێنا.

لەم شەڕەدا کە دوو سەعاتی خایاندو هێزەکانی سوپا تێیدا هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەو لە ئاکامدا پێکدادانێکی سەخت رووی دا، فەرماندەی هێزە هێرشبەرەکە کە ئەفسەرێك بوو بە پلەی نەقیب کوژرا و ٨ سەربازی دیکەش کوژران. هەلیکۆپتەرێکی جەنگی پێکرا و هاوەنێکی ٦٠ ملم کەوتە دەست پێشمەرگەوە.

مەفرەزەکە دوو شەهیدی لە شەڕەکەدا هەبوو کە یەکێکیان سەعدی خەلیل ناسراو بە سیروان کادیری پێشکەوتوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو و ئەوی دیکە غەفور قادر فەرماندەی مەفرەزە، سەرباری بریندارბونی ٩ پێشمەرگەی تر. تەرمی دوو شەهیدەکە لەگوندی کەڵکان بە خاك سپێردرانو مەفرەزەکە چووە گوندی چناران و لەوێ لە

ئەشکەوتێکی پشت گوندەکە شەوەکەی بەسەر برد.
بەیانی، لە برینندارەکان حەمە عەلی سالح فەرماندەی مەفرەزە بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە شەهید بوو و هەر ئەو رۆژە لەگوندی چناران بە خاك سپێردرا. دواتر کەسوکارەکەی چونە چناران، تەرمەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردەوەو لە گردی سەیوانی سلێمانی ناشتیان.

## کەڵکە سماق (تیپ)

تیپی ٢٧ ی کەڵکە سماق. تیپێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ساڵی ١٩٨٦ دامەزراوە. ناوی تیپەکە لە گوندی کەڵکە سماقی رۆژئاوای شارۆچکەی دوکانەوە هاتووە، جگە لەوەی کە بنکەی تیپەکە هەر لەو گوندەدا بووە.

تیپەکە یەك فەرماندەی هەیە ئەویش شێخ هاوڕێ کاکە حەمەیە کە تا دوای شاڵاوەکانی ئەنفال فەرماندەی تیپەکە بووە. پاش شاڵاوەکانی ئەنفال تیپەکە لەبەر یەك هەڵوەشایەوە و پێشمەرگەکانی پەرتەوازە بون. بە بەراورد لەگەڵ تیپەکانی تردا، تیپەکە دوو تایبەتمەندیی هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە هەموو پێشمەرگەکانی لە تایفەی مامە رەزان کە لقێکی تایفەی هەقە پێکدێنێ. دووەمیشیان ئەوەیە کە تیپەکە، جیا لە هەموو تیپەکانی تر، هیچ سنورێکی جوگرافیی بۆ دیاری نەکراوە. هۆی دیاری نەکردنی سنوری جوگرافی بۆ تیپەکە، پەیوەندیی بە رەوشی دیمۆگرافیی مامە رەزاییەکانەوە هەیە چونکە تاکەکانی تایفەکە بەسەر ناوچەیەکی فراواندا بڵاوبونەتەوە و یەك ناوچە کۆیان ناکاتەوە. بۆیە وا بە باش زانراوە کە تیپەکە لە روی سنورەوە بە گشتگیری بمێنێتەوە و لە ناو سنورێکی دیاریکراودا قەتیس نەکرێ.

سەرەڕای پەرش و بڵاوی، پێشمەرگەکانی تیپەکە رۆڵێکی دیاریان لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا هەبوو، بەتایبەتی لە هەندێ ناوچەی وەك دەشتی کۆیە، شوان، دەشتی کەرکوك و دۆڵی جافایەتی، بەڵام زۆربەی چالاکییەکانیان بە هاوبەشی بووە لەگەڵ تیپەکانی ترو زۆربەی جاریش پێشمەرگەکان هەر لەسەر ئەو تیپانە ژمێردراون کە چالاکییەکانیان ئەنجام داوە.

گەورەترین بەشداریی تیپەکە لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا، لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا بوو کە تێیدا پێشمەرگەکانی تیپەکە لە هەموو ئەو ناوچانەی کە لێی بون، لەگەڵ تیپەکانی تر بەشدارییەکی کارایان لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا کرد. لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٨ ی دۆڵی جافایەتیش، تیپەکە رۆڵێکی کارای لە بەرەکانی شەڕدا هەبوو، بەتایبەتی لە بەرەی پیرەمەگرون، بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی ٢٣ی سورداش و هێزی پشتگیری لە رەشکی قەرەچەتان، زێوێ و یاڵانقۆز.

مامە رەزاییەکان: تیرەیەکن لە تایفەی هەقە. سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی بە موسڵمان دەژمێردرێن، بەڵام چەردەیەك بیروباوەڕی ئاینیی تایبەت بە خۆیان هەیە و تێڕوانینی ئیسکاتۆرییان لە تێڕوانینی سوننە و شیعە جیاوازە. ستراکتۆری ئاینییان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە مرۆڤ دەتوانێ بە راستیی رەها بگا بەو مەرجەی پشت بە ئەزمونێکی لاهوتیی دەوڵەمەند ببەستێ.

لە ناوخۆدا باوەڕیان بە هەرەوەزی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ژنان و پیاوان هەیە، هەروەك لە بیروباوەڕیاندا جۆرە سۆسیالیزمێکی سەرەتایی لەسەر بنەمای نەهێشتنی دەرەبەگایەتی و دابەش کردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا بەدی دەکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵگایەکی نهێنی پارێزیان هەیە.

ستراکتۆری جیاوازیان هۆشیارییەکی چینایەتی و هاندەرێکی کارای بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بۆ دابین کردون، بەبێ ئەوەی لە دەوروبەری خۆیان داببڕێن.

## کەڵەک (شەڕ)

یەکێ لە گەورەترین شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٧ لە دۆڵی باڵەیان و سەکرایەتی لە سنوری ناوچەی چۆمان کە لە ٢٨ی ئازاردا دەستی پێ کردو لە ٣٠ی ئازاردا بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە کۆتایی هات.

لە ٢٨ ی ئازاردا هێزەکانی عیراق بە تۆپی قورس چیاکانی شێخ ناسرو کەڵەك و پسێکەیان تۆپباران کرد. پاش نیوەڕۆ هێزێکی گەورەی کۆماندۆ لە سەربازگەی قەسرێوە هێرشی کردە سەر چیای شێخ ناسر کە هێزی پێشمەرگە بەرەیەکی توندوتۆڵی تێدا دانابوو. شەڕ تا بەیانی درێژەی کێشا بە بێ ئەوەی هێزەکانی عیراق ئامانجەکانیان بەدی بێنن. هێزە پەلاماردەرەکان زیانێکی زۆریان لێ کەوت. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو، بەڵام لەبەر سەختیی بۆردومانەکە، پێشمەرگە بەرەکەی بەجێ هێشت.

لە ٢٩ی ئازاردا هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە سەربازگەکانی دیلمان و خانەقاوە هەڵکشایە سەر چیای کەڵەك و شەڕ لە نێوان هێزەکانی عیراق و هێزی پێشمەرگە دەستی پێ کرد. ئەو شوێنەی هێرشی کرایە سەر، تەنها ١٢ پێشمەرگەی لێ بوو. شێوەی هەڵکەوتنی شوێنی شەڕەکەو تۆبۆگرافیای چیاکە، یارمەتیدەر بوو بۆ خلۆرکردنەوەی بەرد بەسەر سەری ئەو سەربازانەی کە بە چیاکە هەڵدەگەڕان. بۆیە ئەوەندەی کە بە خلۆرکردنەوەی بەردەکان لە سەربازەکان کوژرا، ئەوەندە بە گوللەی پێشمەرگە نەکوژرا. جگە لەوەی کە خلۆرکردنەوەی بەردەکان زیانێکی زۆری لە سەربازەکان دا، دۆخێکی شپرزەو ترسێنەریشی لە بەرەی پەلامارەکان دروست کرد. ژمارەیەکی زۆری سەربازەکان لە ترسان، بەرەی شەڕیان بەجێ هێشت و رایانکرد.

لە قۆڵێکی ترەوە، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە کە لە ٨ پێشمەرگە پێکهاتبوو، لە دەستەچەپی بەرەی دوژمن پەلاماری هێزەکەی دا و زیانێکی زۆری پێ گەیاند. لەم سەروبەندەدا هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانی عیراق بە بەردەوامی شوێنی شەڕەکەیان بۆردومان دەکرد.

لە قۆڵێکی تردا مەفرەزەیەکی تری پێشمەرگە کە لە ٧ پێشمەرگە پێکهاتبوو و هەمویان تفەنگی بڕنەویان پێ بوو، لە شوێنێکی دیاریکراو دامەزرا و رێی دەربازبونی لە سەربازە راکردووەکان گرت. لەوێش دەیان سەربازی راکردوو کوژران. لەم سەروبەندەدا هێزێکی فریادڕەس لە سەربازگەی دیلمانەوە بۆ فریاکەوتنی سەربازە راکردووەکان بەڕێ کەوت، بەڵام هێزەکە لە رێگا تەقەی لێ کرا و رێی پێ نەدرا فریای هێزە گیرخواردووەکە بکەوێ. لە کۆتاییدا ئەو هێزەش تێك شکا و پاشەکشەی کرد.

هێزەکانی عیراق سودیان لە باڵادەستیی ئاسمانی وەرگرت و ژمارەیەکی زۆر هەلیکۆپتەریان ناردە سەر ناوچەکە. هەلیکۆپتەرەکان بە شێوەیەکی خەست و کوێرانە هەموو شوێنێکیان بۆردومان کرد. سەرلێشێواویی هێزەکانی عیراق گەیشتبووە رادەیەك کە لە لایەك هەلیکۆپتەرەکان، لەبەر تێکچڕژاویی بەرەی شەڕ، لە هەندێ شوێن بە هەڵە تەقەیان لە سەربازەکان دەکردو لە لایەکی ترەوە سەربازگەکان بە تۆپ لە چەندین شوێن سەربازەکانیان تۆپباران دەکرد.

لە ماوەی سێ رۆژی شەڕەکەدا هێزەکانی عیراق زیانێکی زۆریان لێ کەوت. بەپێی سەرچاوەکانی ساڵی ١٩٧٨، وەك لە ژمارە ١ی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» بڵاوکراوەتەوە، لە هێزەکانی عیراق ١٥٠ کوژراوی سەربازو ژمارەیەك ئەفسەر هەیە، لەوانە هەندێکیان بە هۆی سەرما و زریانەوە رەق بونەوە، ١٠٠

سەربازو ژمارەیەك ئەفسەر لە شەڕەكاندا بریندار بون و ٢ هەلیكۆپتەر لە نزیك گوندی ئینی لە چۆمان كەوتنە خوارەوەو بە تاقمەكانیانەوە سوتان. بەڵام بەپێی سەرچاوەكانی ساڵی ١٩٨٣، وەك لە ژمارە ٣ی گۆڤاری «راپەڕین» دا بڵاوكراوەتەوە، زیانەكە زۆر لەوە زۆرترەو بەمجۆرەیە: كوژرانی زیاتر لە ٧٠٠ سەربازو ژمارەیەك ئەفسەر، برینداربونی زیاتر لە ٣٠٠ سەربازو ژمارەیەك ئەفسەر.

سەرچاوەكانی ساڵی ١٩٧٨ و ساڵی ١٩٨٣ لەسەر قەوارەی زیانەكانی هێزی پێشمەرگە كۆكن كە شەهیدبونی دوو پێشمەرگەیە بە ناوی خدر سۆفی مەلا مستەفا جێگری فەرماندەی كەرت و عەبدوڵڵا ئەحمەد شەریف، سەرباری برینداربونی دوو پێشمەرگەی تر. سەرچاوەكانی ساڵی ١٩٨٣ هەندێ وردەكاری سەبارەت بە شەهیدبونی دوو پێشمەرگەكە دەدەن و باس لەوە دەكەن كە خدر سۆفی مەلا مستەفا لە كاتی هەڵكوتانە سەر هێزەكانی عیراق، لە لایەن سەربازێكی بریندارەوە كە لە ناو كوژراوەكان خۆی مات كردبوو، تەقەی لێ كراوە. شەهیدەكەی تریش، عەبدوڵڵا ئەحمەد شەریف، لە كۆتایی شەڕەكەدا، خۆی و پێشمەرگەیەكی تر لە هەوڵێكدا بۆ هێنانەوەی تەرمی خدر سۆفی مەلا مستەفا شەهید بووە.

شەڕ تا ٣٠ ئازار بەردەوام بوو. لە ٣٠ ئازاردا هێزەكانی عیراق چیای ناسریان گرت و رەبیەیان لەسەر دروست كرد.

ئامانجی ئۆپەراسیۆنە عەسكەرییەكە لەناوبردنی هێزی پێشمەرگەو راگواستنی دانیشتوانی ناوچەكە بوو. لەشكری ٨ی سوپای عیراق هێزێكی گەورەی بە پاڵپشتی تۆپخانەو ٢٤ هەلیكۆپتەر بۆ بەدی هێنانی ئامانجی ئۆپەراسیۆنەكە ئامادە كردبوو. بەڵام زۆربەی ئامانجەكانی ئۆپەراسیۆنەكە نەهاتنە دی و هێزەكانی عیراق زیانێكی زۆریان لێ كەوت.

## كەڵەڕەش (چالاكیی هێزی پێشمەرگە)

چالاكییەكی هێزی پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمەیە لە ساڵی ١٩٨٢دا كە تێیدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر رەبیەی گوندی كەڵەڕەشدا گرتووە. شەوی ٨ لەسەر ٩ی ئەیلولی ١٩٨٢ پێشمەرگەكانی كەرتی ٣ی هەمەوەندی تیپی ٥٧ی سەگرمە هێرشیان كردە سەر رەبیەكەی گوندی كەڵەڕەش لە سنوری سەگرمەو پاش سەعات و نیوێك شەڕ، سەربازەكانی رەبیەكە خۆیان بەدەستەوە داو هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر رەبیەكەدا گرت. رەبیەكە سەر بە لیوای ٦٠١ی یەكەی ٧١١٦ی فەوجی یەكی سریەی ١ بوو. سەرجەمی ژمارەی سەربازەكانی رەبیەكە ١٦ سەرباز بوو، شەشیان بریندار بون و ١٠ سەربازیشیان بە دیل گیران.

هەموو سەربازە دیل و بریندارەكان كوردو خەڵكی ناوچەكانی چەمچەماڵ و عەربەت و سەنگاو و قەڵاسێوكەو خۆشناوەتی بون.

ناوی سەربازەكان لە ئێزگەی «دەنگی گەلی كوردستان» خوێنرایەوەو دواتریش لە دوایین ژمارەی خولی سێیەمی رۆژنامەی «رێبازی نوێ» بڵاوكرایەوە.

لەم چالاكییەدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ١٥ پارچە چەك و بڕێك فیشەكی روسیو هەندێ كەلوپەلدا گرت. سەربازە دیلەكان ئازاد كران.

گرتنی رەبیەی كەڵەڕەش دەنگدانەوەیەكی زۆری هەبوو چونكە یەكەم جار بوو هێزی پێشمەرگە دەست بەسەر رەبیەدا بگرێ. دەوروبەری ٢٠ پێشمەرگە بەشدارییان لە چالاكییەكەدا كردووە. ئەمەش ناوی هەندێكیانە: حەمە رەش كەسنەزانی، مەعروف عەلی مەجید ناسراو بەسیروان دێرەشەیی، خالید باڕۆیی، قادر حەمە ساڵح،

فاتیح سەنگاوی، فەخرەددین ئاوەبۆرەکەیی، بەکر چوڵمەکی، غەفور سەنگاوی، فەخرەددین تیلەکۆیی، وریا رەشید، بەهادین تەپەسورەیی، عومەر سەنگاوی‌و عەبدوڵڵا تیلەکۆیی.

## کەڵەکی باڵەیان (شەڕ)

شەڕێکی چوار رۆژەیە لە نێوان هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی برایم وەسانی و هێزەکانی سوپای عیراق لە دۆڵی باڵەیان و دۆڵی سەکران لە ناوچەی چۆمان لە ماوەی نێوان ٢٨-٣١ی ئازاری ١٩٧٧دا. هێزێکی گەورەی لەشکری ٨ی سوپای عیراق بە پشتیوانیی چەند یەکەیەکی هێزی کۆماندۆو ٢٤ هەلیکۆپتەر، لە ٢٨ی ئازاردا هێرشی کردە سەر دۆڵی باڵەیان‌و دۆڵی سەکران. ئامانجی هێرشەکە لە ناوبردنی ئەو مەفرەزانەی هێزی پێشمەرگە بوو کەتازە لە ناوچەکە پێك هێنرا بون، سەرباری سوتاندنی گوندەکانی ناوچەکەو راگواستنی دانیشتوانەکەیان بەو پێیەی کە گوندەکانی ناوچەکە پلانی راگواستنی گوندەکانی سەر سنور بە قوڵایی ١٠ تا ٢٠ کیلۆمەتر دەیانگرێتەوە.

شەڕەکە چوار رۆژی خایاندو تێیدا پێکدادانی سەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دانیشتوانی گوندەکان لە لایەك و هێزەکانی سوپای عیراق لە لایەکی ترەوە روی دا. لە پێکدادانەکاندا دەوروبەری ١٥٠ سەرباز کوژران، لەوانە بەشێکیان بە هۆی سەرما و زریانەوە رەق بوو بوونەوەو دەوروبەری ١٠٠ سەربازێکیش بریندار بون. دوو هەلیکۆپتەریش لە دەوروبەری گوندی ئێنەی دۆڵی سەکران کەوتنە خوارەوەو گڕیان تێ بەر بوو.

هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی بەم ناوانە هەبوو: خدر سۆفی مەلا، جێگری فەرماندەی کەرت کە خەڵکی گوندی ماونانی دەوروبەری ناحیەی قەسرێیە لە قەزای چۆمان و عەبدوڵڵا ئەحمەد شەریف کە خەڵکی گوندی قەڵاتە لە دەوروبەری ناحیەی قەسرێ.

لە ناوچەکەدا ئەم شەڕە کە قەڵەمڕەوێکی فراوانی گرتۆتەوە، بە شەڕی کەڵەکی باڵەیان ناسراوە.

## کەمال جەوهەر کەریم *



پێشمەرگەو کادیر. ناسراو بە دکتۆر هیوا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی هاوینە هەواری سەلاحەددین لە پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە. بە هۆی ئەوەی کە باوکی پێشمەرگە بووە، زۆربەی تافی منداڵیی لە لای نەنکی بەسەر بردووە.

ساڵی ١٩٧٤، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا کە هێشتا خوێندکاری ناوەندی بوو، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لەگەڵ برایەکی‌و چەند ئامۆزایەکی رویان کردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش‌و لە رەواندز گیرسانەوە. هەر ئەو ساڵە بە هۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی عیراقەوە، رەوەو ناوچەی باڵەکایەتی سەریان هەڵگرت. لە بوردومانەکەی مانگی نیساندا کە تێیدا فڕۆکەکانی عیراق پردی گەلاڵەیان بۆردومان کرد، سالحی برای‌و عەبدولڕەحمانی ئامۆزای شەهید بون.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی‌و درێژەی بەخوێندن دا. پاش تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی، چۆتە هەولێرو لەوێ پەیمانگای پزیشکیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٠ لە هاوینە هەواری سەلاحەددین

پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد و ساڵی دواتر بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەدا کرد. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. زۆربەی تەمەنی پێشمەرگایەتیی لە ناوچەی خۆشناوەتیو بەڕانەتیو دۆڵی بالیسان بەسەر بردووە. لە تەك ئەركی پێشمەرگایەتیو ڕێکخستندا، کاری پزیشکیشی لە ناو پێشمەرگەدا کردووە.

ساڵی ١٩٨٨ لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا بەشدارییەکی کاریگەری لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق بۆ سەر سنوری مەڵبەندی ٣ کرد. دواتر، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بە خێزانەوە کشایەوە سەر سنور.

ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ خێزانەکەیدا چووە پاکستان و لە شاری کویتە نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ کوردستانو لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر بە پلەی نەقیب دامەزرا. لە٥ی ئەیلولی ١٩٩٦ دا لە شەڕی ناوخۆدا لەگوندی چەمرگە بە دیلی شەهید کرا.

## کەمال خۆشناو



ئەندامی دێرینی سەرکردایەتیو ئەکادیمیست. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٤ی ناوچەی خۆشناوەتی. ساڵی ١٩٦٢ خوێندنی لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە. هەر ئەو ساڵە بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا ڕوی کردۆتە یۆگسلاڤیاو لە زانکۆی بەلگراد خوێندویەتی. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بەکۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی ئەوروپاوە کردوەو لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٥ ـ ١٩٦٦ لێپرسراوەتیی لقی یۆگسلاڤیای کۆمەڵەی گرتۆتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٦٨ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری کشتوکاڵدا بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٦٩ گەڕایەوە بۆ کوردستانو لە زانکۆی سلێمانی بە مامۆستا دامەزرا. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو ڕژێمی عیراقدا، زانکۆی بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، پەنای بۆ ئێران برد. لەوێ چووە سەر ئەو باوەڕەی کەکورد لە ئاوارەییدا هیچی پێ ناکرێ، بۆیە پاش راوێژکردن بە برایم ئەحمەد و عومەر مستەفا، گەڕایەوە بۆ عیراق. پەیوەندیی لەگەڵ سالح یوسفی دامەزراند بەڵام جموجوڵو هەڵسوڕانی لەم ماوەیەدا هەموی لە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکاندا بوو.

هەر ئەو ساڵە چوو بۆ لوبنان و لەوێوە چوو بۆ یۆگسلاڤیا. لەوێ پەیوەندیی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دامەزراند، کە لەو کاتەدا لە نەمسا نیشتەجێ ببوو و ئامادەیی بەشداریی لە هەر پرۆژەیەکی سیاسیدا بۆ فریاکەوتنی کورد بۆ دەربڕی. لەو ماوەیەدا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی کشتوکاڵی یۆگسلاڤیدا واژۆ کرد بۆ کارکردن لە لیبیاو بەم هۆیەوە بۆ ماوەی شەش مانگ لە لیبیا کاری کرد. لە لیبیا بۆ یەکەم جار چاوی بە تاڵەبانی کەوت کە بە سەردان چوو بۆ لیبیاو هەر لەو دیدارەدا پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردو ئامادەیی گەڕانەوەی بۆ کوردستان دەربڕی. لەو ماوەیەدا

نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لە لیبیا.

ساڵی ١٩٧٦ لیبیای بەجێ هێشت و چوو بۆ سوریا. لەوێ لەگوندی دێرك لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا لە نزیك سنوری نێودەوڵەتیی عیراق ـ سوریا گیرسایەوەو ئەرکی یاریدەدەری نەوشیروان مستەفای لە بەڕێوەبردنی بنکەیەکی لۆجستیکی بۆ ڕاهێنانی پێشمەرگە بۆ شەڕی پارتیزانی لە کاتی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٧٧ پاش گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بۆ کوردستان، لێپرساوەتیی بنکە لۆجستیکییەکەی پێ سپێردرا.

لە کاتی ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا لە ساڵی ١٩٧٨، ئەو و سالار عەزیز چون بۆ هەکاری بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی رادەست کردنی بڕێکی زۆری چەك لە قامشلۆوە بە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە سەری نەگرتو کارەساتێکی گەورەی لێ کەوتەوە کە لە مێژوی یەکێتیدا بە کارەساتی هەکاری ناوی دەرکردووە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ لە سەروبەندی هەڵکشانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕژێمی شا، لەگەڵ هەر یەك لە عومەر شێخموس و دکتۆر فوئاد مەعسوم و عومەر مستەفاو خدر مەعسوم و ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد چوو بۆ تورکیاو لەوێوە بە قاچاخ پەڕییەوە بۆ ناو سنوری ئێرانو خۆی گەیاندە گوندی ناوزەنگ کە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی لێ بوو.

ئەگەرچی خۆشناو خۆی بە مارکسیست زانیوە، بەڵام مێژوی پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دیار نیە. ساڵی ١٩٧٩ لەسەر لیستی باڵی هێڵی گشتی کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو لەو ماوەیەدا زۆرتر خۆی وەك ئەندامی هێڵی گشتی نیشان دا. بەڵام لە ساڵی ١٩٨١ دا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە ئاشکرا کردو بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا کردو بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە، کاتێك کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر پێك هێنرا، لێپرساوەتیی کۆمیتەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٢ دوا بەدوای پێکهێنانی چوار مەڵبەند لە کوردستاندا، لێپرساوەتیی مەڵبەندی ٤ ی گرتە ئەستۆ کە بارەگاکەی لەگوندی بالیسان بوو.

ساڵی ١٩٨٨ لێپرساوەتیی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە شاری سەقز پێ سپێردرا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩دا پاش کۆچی دوایی خەسرەو خاڵ بەرپرسی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە سوریا، لێپرساوەتیی ئۆفیسەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٢ بە هۆی نەخۆشییەوە وازی لە لێپرساوەتییەکە هێناو لە دانیمارك گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەکادیمییانی کوردستان. لە ساڵی ١٩٩٥دا بە مامۆستا لە بەشی بایۆلۆژیی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر دامەزرا. دواتر بووە ڕاگری کۆلیجی کشتوکاڵ. ساڵی ١٩٩٦ بە ڕاگری کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی دانراو لە ساڵی ١٩٩٩ دا کرایە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی.

لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشخستنی زانکۆی سلێمانیدا گێڕاو پەیوەندییەکی زۆری بۆ زانکۆکە لەگەڵ زانکۆکانی جیهان دروست کرد. لە ١٢ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤دا لە ئەمریکا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

## خاك و نیشتمان و زانست وەك نزیكترین هاوڕێی كەمال خۆشناو

### (وتار)

نوسینی دكتۆر زاهیر لەتیف كەریم

ئەگەرچی پێشتر، وەك مامۆستا و دامەزرێنەری زانكۆی سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٨ و تێكۆشەرێك، ناو و ناوبانگی كەمال خۆشناوم بیستبوو، بەڵام لە دوای راپەڕینەوە كاتێك لە هەولێر و زانكۆی سەلاحەددین مامۆستا بووم، بۆ یەكەمجارو لەنزیكەوە برادەرایەتی و ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم بەڕێزەدا دروست كرد. ماڵەكەی، كە لەگوندی زانكۆ بوو، ببوو بە جێگەی دایەلۆگ و ئارگیومێنته زانستی و فیكرییە سیاسییەكان. وەك كەسێكی سروشتی لە خزمەت میوانەكانیدا بوو، تەنانەت گەلێك جار خۆی بە كاری خزمەتكردن و خزمەتگوزاری هەڵدەستا. رۆژێك پێم گوت «مامۆستا گیان تۆ، بە هەموو پێوەرێكی تەمەنی و زانستی و سیاسی و فیكرییەوە پێویستە دابنیشت و ئێمە خزمەتی خۆمان بكەین». لە وەڵامدا گوتی «ئەگەرچی من لەدایكبووی ئاغاو بەگەكانم، بەڵام ئەمڕۆ ئەو زەمەنی خۆبەزلزانین و گەورەزانینە بەسەر چووە و ژیانی پێشمەرگایەتی، وەك كێڵگەیەكی راهێنان، فێری زۆر شتی كردووم لەوانە رێزگرتن لە چینە هەژارو مامناوەند و نووسەر و شاعیرو رۆشنبیرەكان» كاتێكیش وەك مامۆستا لە كۆلیژی پەروەردەی زانكۆی سەلاحەددینو دوای دابڕانێكی زۆری زانستی و ئەكادیمی، بۆ جارێكی تر دامەزرایەوە، ژوورە بچوكەكەی كە بۆی تەرخان كرابوو، ببوو بە ژووری كۆبونەوەكان. پۆلێك لە مامۆستایان رۆژانە یان هەفتەی دوو تا سێ رۆژ لەو ژوورەدا یەكمان دەگرتەوە، بە نموونەی بەندە و مامۆستایان حەمە نوری عارف و كاوس عەزیزو دارا جاف و ئەحمەد حەمە ئەمین و دڵشاد عەبدولڕەحمان و رۆستەم عیززەت.. هتد. لەو سەردان و كۆبوونەوانەدا هەر زوو بۆم دەركەوت كە مامۆستا خۆشناو خاوەن كەسێتییەكی تایبەتی خۆیەتی و ئەگەر ئاستی بەرامبەرەكان لە ئاستێكی رۆشنبیریی بەرزدا نەبوایە ئەوا بە ئاسانی لە ستراتیج و بۆچوونەكانی نەدەگەیشتن.

خاك و نیشتمان و زانست نزیكترین هاوڕێی بوون بەڵكو حەزەكانی لەم خاڵانەدا كۆكردبۆوە، هەمیشە لە خولیای ئەوەدا بوو كە چۆن بتوانێت سەركەوتن بۆ حەزەكانی بەدەست بهێنێت. بە چاكیش دەیزانی ئەو حەزانە بە خودی تاكی خۆی بەدەست نایەت. هەر لەبەر ئەمەش بوو كە حەزی بە هاوڕێیەتیی ئێمە بوو، بەڵكو زۆریش نزیك دەبووەوە لە نمونەكانی وەك ئێمە. لە هەموو حاڵەتەكانیشدا دڵسۆزی بۆ حەزەكانی بەدەردەكەوتن وەك ئەوەی بەشێك بێت لەو حەزانە.

جەنگی براكوژی زۆر كاری تێكردو هیچ كات حەزی بەو جۆرە جەنگانە نەدەكرد چونكە دەیگوت «گوتاری كوردی بە جەنگی براكوژی بەرهەم نایەتو دروست نابێت». جەنگەكە زۆر شتی گۆڕی، بەتایبەتی لە ئاستێكی ئایدیالیزمییەوە بۆ ئاستێكی روخاوی تێكدەر. شیرازەی زانست و ئەكادیمیا بەرەو هەرەس دەڕۆیشت و ململانێی لایەنگرانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری نێو جەنگەكە هۆكار و فاكتەری سەرەكیی ئەم تێكشاندنە بوو. ئەمە مۆتیڤێكی وزەبەخش بوو بۆ مامۆستا خۆشناو تا بیر بكاتەوە لە چارەسەرێكی گونجاو.

لە ماڵەكەی خۆی و بە ئامادەبوونی چەند برادەرێكی ئەكادیمی بیر لەوە كرایەوە كە كۆمەڵەیەكی

ئەکادیمیای کوردستانی دامەزرێنین. بیرۆکەکە دەگەڕایەوە بۆ مامۆستا خۆشناو، بەڵام داوای لە بەندە کرد کە سەردانی جەنابی کاك کۆسرەت رەسول عەلی بکەم، کە ئەو کات سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بوو، تا رەزامەندیی فەرمی لەسەر بدات. لە سەردانەکەدا جەنابی کاك کۆسرەت بە خۆشحاڵییەوە رەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەکە دا. سەرەتا مامۆستا خۆشناو و ئێمەش داوامان لە پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار کرد کە ئەرکی سەرۆکی کۆمەڵەکە بگرێتە ئەستۆ تا ئەو کاتەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت. بەڵام مامۆستا خەزنەدار قایل نەبوو، لە ئەنجامدا کارەکەمان رووبەڕوی مامۆستا خۆشناو خۆی کردەوە. ئەو ماوەیە تا دەگاتە نەهامەتییەکەی ٣١ی ئاب، کۆمەڵەکە بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەموو مامۆستایەك بە جیاوازیی فیکرو ئایدیا رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە ڕاگرتنی ئاستی کارگێڕی و زانستی لە زانکۆکانی کوردستان بەگشتی و زانکۆی سەلاحەددین بەتایبەتی. کۆمەڵەکە رۆڵی ناوەندگیری و ڕەوینەوەی گرژییەکانی بینی بەتایبەتی لە نێوان ئەندامانی مامۆستایانی هەردوو حیزبی ناکۆك. ئاڕاستەی بۆچوونەکان بە یارمەتیی مامۆستا خۆشناو دەچوو بەڕێوە. رۆژانە وەك ئەرکێکی نیشتمانی و زانستی، سەرجەم ئەندامان، بەتایبەتی ئەندامانی دامەزرێنەر لە جووڵەیەکی بێ وێنەدا بوون و بە بەردەوامی سەردانی سەرکردایەتیی هەردوو حیزبی ناکۆکی دەکرد.

جوڵێنەری کارەکە، جارێکی تر، دەگەڕایەوە بۆ مامۆستا خۆشناو بەو پێیەی خاوەن ئەزموونێکی سیاسیی دوور و درێژ بوو. لە هەمان کاتدا هاوڕێتیی نزیکی لەگەڵ سەرکردەکاندا هەبوو. لە کۆبوونەکاندا تەواو رێزی لە ئامادەبووان و ئەندامانی دامەزرێنەر دەگرت و بۆچوونی خۆی بە زۆرەملێ نەدەسەپاند بەسەر ئەوانی تردا. لەگەڵ گەورەدا گەورە بوو، لەگەڵ بچوکیشدا بچووك بوو. هەمیشە هانی ئێمەی دەدا کە کۆڵ نەدەین بەرامبەر بە بۆچوون و بڕیارە نالۆژیکەکان.

دوای نەهامەتییەکەی ٣١ی ئاب مامۆستا خۆشناو هات بۆ زانکۆی سلێمانی کە ئەو کات بەندە راگری کۆلێژی زمان بوو. مامۆستاش دوای ماوەیەکی کورت ئەرکی راگرایەتیی کۆلێژی کشتوکاڵی گرتە ئەستۆ. ماوەی چەند ساڵێك پێکەوە وەك ڕاگر کارمان دەکرد. لەو ماوەیەدا نموونەی بوێری و دڵسۆزی بوو بۆ زانکۆ و زانست. رووبەڕووی چەندین بڕیاری کتوپڕی لادەرانەی دەسەڵات بووەوە. بۆچوونەکانی کاریگەریی لەسەر بەشێك لە ڕاگرەکان دروست کرد بەوەی کە پێویستە شەڕ بکەن لەپێناوی بەرز ڕاگرتنی کەسێتیی زانکۆ و زانست. بە بەردەوامی خۆی لەنێو گرژی و ململانێکاندا دەبینییەوە. کە بوو بە سەرۆکی زانکۆی سلێمانیش بە هەمان رۆح و خولیاوە کاری دەکرد.

لە بەردەم دەسەڵاتدا کەسێکی بوێر و خۆڕاگر بوو. شتە نامۆکانی بەزانست و ئەکادیمیا پێ قبووڵ نەدەکرا. رۆژانە خۆی لە جەنگێکی سایکۆلۆژیی سەختدا دەبینییەوە. بە بەردەوامی چاودێریی سروشت و پرۆسەی خوێندنی دەکرد. لە دایەلۆگەکاندا راشکاوانەو بێ ترس مامەڵەی لەگەڵ بەرامبەرەکاندا دەکرد. هەر لەو زەمەنەدا رۆژێك بانگی بەندەی کردو و گوتی باشتر وایە کە زانکۆ رێکخراوێکی خۆبەخش دامەزرێنێت کە سوود و قازانجەکەی بگەڕێتەوە بۆ زانکۆ. ئەم جارەش داوای لێ کردم بچم بۆ لای جەنابی کاك کۆسرەت رەسول عەلی بە مەبەستی ڕەزامەندی وەرگرتنی ئەو رێکخراوە. بەندەش کارەکەی جێبەجێ کرد و بە سوپاسەوە کاك کۆسرەتیش بەدەنگ داواکارییەکەمانەوە هات و بڕیاری فەرمیی بۆ

ڕێکخراوەکە دەرکرد. لە ماوەیەکی کەمدا ڕێکخراوەکە کە بە ناوی «کارۆ» وە بوو چەند کارێکی ئەنجام دا و لە ئەنجامیشدا خزمەتێکی باشی زانکۆی کرد.

مامۆستا خۆشناو کە وەك سەرۆك کاری دەکرد نموونەی دەست پاکی و دڵسۆزی بوو. هیچ شتێکی بە بێ ئەندامانی ڕێکخراوەکە ئەنجام نەدەدا کە بەندە یەکێك بوو لەوانە. ئەگەرچی لە دوا ساتەکانی ژیانیداو بە هۆی گواستنەوەی چەند هەواڵێکی نادروست لە لایەن کەسە خۆپەرستەکانەوە پەیوەندیی نێوانمان بەرەو گرژی ڕۆیشت بەڵام لە نەخۆشییە کوشندەکەیدا، کە بەرەو ئەمریکا ڕۆیشت بە مەبەستی چارەسەر، چەند جارێك لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیم پێوە دەکردو لە هەواڵی تەندروستیم دەپرسی. لە بەرامبەردا زۆر دۆستانەو لە جاران زیاتر خۆشەویستیی خۆی بۆ من و خێزانەکەم دەردەبڕی. بە داخەوە، مەرگ ڕێگەی نەدا جارێکی تر پێکەوە کار بکەین بەڵام بۆچوون و یادەوەرییەکانی بۆ من گەورەترین ئەزموونن و هەمیشە لە هزرو هۆشمدا پارێزراون.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٧/١/٢٤) (پاشکۆ)

## کەماڵ ڕەحیم کەریم*



فەرماندەو پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە کەماڵە خرە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٧ی گوندی تەژگای سەر بە قەزای چەمچەماڵ. لەبەر نەبونی خوێندنگە لەگوندەکە، ناچار بووە لە چەمچەماڵ بخوێنێ بەڵام دوریی ڕێگاو هاتوچۆی ڕۆژانە هەر ئەوەندە دەرفەتی پێداوە کە تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی بخوێنێ.

لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨١ لەبەر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکان و دروستبونی مەترسی لەسەر ژیانی، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە کەرتی ٤ی جەباریی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٨٢ پاش کارکردن بەسیستمی تیپەکانو پێکهێنانی تیپی ٥٧ی سەگرمە، بۆ کەرتی ٣ی هەمەوەندی ئەو تیپە گوێزرایەوەو لە ساڵی ١٩٨٤دا یەکەم هەنگاوی لە سیستمی بەرزکردنەوەی پلەکانی پێشمەرگایەتیدا هەڵهێنا، کاتێك کرایە جێگری فەرماندەی مەفرەزە لە هەمان کەرت. لە ساڵی ١٩٨٦دا کرایە فەرماندەی مەفرەزە. لێهاتویی، هاندەر بوو بۆ بەرزکردنەوەی پلەی لە ساڵی ١٩٨٧دا بۆ جێگری فەرماندەی کەرت.

لە ئایاری ١٩٨٨دا بەشدارییەکی بەرچاوی لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی چوارەمی ئەنفالەکاندا کرد. سەرەڕای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە، ماوەیەك لە ناوچەکە مایەوەو دواتر خوی گەیاندە چیای قەندیل. دوای دەستبەکاربونی محەمەد غەریب عەبدوڵڵا وەك لێپرسراوی هێزە پارتیزانەکانی سنوری گەرمیانو قەرەداغ و سەگرمە، لەگەڵ هێزەکەی محەمەد غەریب عەبدوڵڵا گەڕایەوە بۆ سنوری دیاریکراوی چالاکییەکانی هێزە پارتیزانەکان. لە تشرینی یەکەمدا لە سۆنگەی سەختیی ژیانی پارتیزانییەوە وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا.

بەڵام لەگەڵ بەرپابونی ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩١، بەپەلە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو بەشدارییەکی کارای لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەو قۆناغەدا کرد.

پاش ڕاپەڕین و بە لەبەرچاو گرتنی ڕۆڵی لە

کاتی ڕاپەڕیندا، کرایە فەرماندەی تیپ لە بەتالیۆنی ٣ی چەمچەماڵو لە ساڵی ١٩٩٣دا کرایە جێگری فەرماندەی سریە لەفەوجی ٤ی لیوای سوپای هاوبەش. لە ساڵی ١٩٩٤دا کرایە یاریدەدەری فەرماندەی فەوجی یەکی سەنگاو. هەر ئەو ساڵەش کرایە فەرماندەی فەوج.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٦ جار بریندار بووە. جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٨٢ لە نزیك گوندی ئالوەتانی کوردستانی ئێران، لە کاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان بۆ پشتیوانی کردن لە هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٥ لەگوندی زەنانی ناوچەی چەمچەماڵ. جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٨٦ لەگوندی قەرەتامۆری سەر جادەی چەمچەماڵ- سەنگاو. جاری چوارەم لە ساڵی ١٩٨٦ لەقوتەی حەسەن بەگ لە کاتی بەڕێوەچونی شەڕەکانی قەیوان- ماوەت. جاری پێنجەم لە ساڵی ١٩٨٧ لە شاخی گڵە زەردەو شەشەم جار لە ساڵی ١٩٩٢ لە ناوچەی بادینان.

لە٣١ی ئابی ١٩٩٦دا لە هەولێر لە شەڕێکدا لەگەڵ سوپای عیراق کە هێرشی هێنا بوە سەر هەولێر شەهید کرا.

## کەمال زێوەیی



پێشمەرگەی دێرینو فەرماندە. ناوی تەواوی کەمال عەبدوڵڵا حەمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی زێوێی ناوچەی خۆشناوەتی. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو بۆتە پێشمەرگە لە هێزی کۆسرەتی سەر بە بەتالیۆنی پێنج. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە گوندەکەی خۆی نیشتەجێ بۆوە.

لە ساڵی ١٩٧٧دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو لە ناوچەی باڵەکایەتی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوە. هەر ئەو ساڵە بە هێزێکەوە چوو بۆ ناوچەی برادۆست بۆ پێشوازی کردن لە تاڵەبانی کە بۆ ڕابەرایەتی کردنی شۆڕش گەڕابۆوە بۆ کوردستان. پاش پێکهێنانی هەرێمی ٧ی باڵەك، لە سنوری هەرێمەکە بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی خۆی وەك پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٧٨دا بەشدارییەکی کارای لە شەڕی ٩ ڕۆژەی گوندی شێنێدا کرد لەبناری چیای مامەندەی ناوچەی پشدەر.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢دا کرایە فەرماندەی کەرتی ٢ی سەر بە تیپی مەڵبەندی سێ کە لەو کاتەدا قادر هەینی تەها سەرتیپی بوو. بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە، بەتایبەتی لە کوری تەنگ لە خەلیفان (١٩٨٦) و مێرگەسەر لەخۆشناوەتی (١٩٨٧).لەم سەروبەندەشدا لەکیمیاباران کردنی بالیساندا بریندار بوو و بۆ چارەسەر بە پەلەپروزێ گەیەنرایە ورمێ لە ئێران. لەوێ ٤٣ ڕۆژ لە نەخۆشخانەیەکی ورمێ مایەوەو پاش چاکبونەوە گەڕایەوە بۆ بەرەکانی شەڕ.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ پەرەسەندنی جەنگی کیمیاییو کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، بە ماڵو منداڵەوە ئاوارەی ئێران بوو و لە ئۆردوگای ئاوارەکانی دیلزێ گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩١ پێش جێبەجێ کردنی نەخشەی ڕاپەڕین، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو وەك فەرماندەی کەرتی دوی مەڵبەندی سێ بەشداریی

لەو شەڕانەدا کرد کە بە ڕزگارکردنی شکارتەو چوارقوڕنەو خەلیفانو سپیلك و هەریر کۆتاییان هات، دواتریش بەشدار بوو لە هەردوو ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی هەولێرو کەرکوکدا.

پاش پێکهێنانی لەشکری یەکگرتوی کوردستان کرایە فەرماندەی فەوج لە لیوای خۆشناوەتی.

لە ساڵی ١٩٩٦دا پاش گەلەکۆمەکێی ڕژێمی بەعسو پارتی دیموکراتی کوردستان لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە سەر سنورو هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەدا کرد کە تێیدا هێزی پێشمەرگە زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانی لەهێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە. لە ساڵی ١٩٩٧دا بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا کرد کە تێیدا هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گەلەکۆمەکێیان لەگەڵ سوپای تورکیادا لە دژی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست کرد. لەم ئۆپەراسیۆنەدا سەربازەکانی تورك لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەدا بە ناوی سەعید باویانیو هەڵمەتە ڕەش لە کەپکی حەمەد ئاغا دەستگیریان کردو دواتر رادەستی هێزەکانی پارتییان کرد. ساڵی دواتر، لە پرۆسەی گۆڕینەوەی دیلەکاندا، هەرسێکیان لەگەڵ ١٨ بارزانیدا ئاڵوگۆڕیان پێ کرا.

ساڵی ٢٠٠٠ بە پلەی عەمید خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ بەشداریی هێزی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی روخاندنی ڕژێمی بەعسدا، بە شێوەیەکی خۆبەخش پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوە. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ سەرهەڵدانی گروپی داعش و دروستبونی هەڕەشە لەسەر کوردستان، دیسان وەك خۆبەخش چەکی هەڵگرتەوە، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو لە جەلەولا بەشداریی لە شەڕدا کرد.

## کەمال عەبدوڵڵا تاماس



پێشمەرگەی دێرینو فەرماندە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ی گوندی دەڵێنی ناوچەی هەڵەبجە. خوێندنی ناوەندیی لە خوێندنگەی شارەزوری شاری هەڵەبجەو خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە پۆلی شەهید کەریمی سەر بە ڕێکخراوی شەهید وەستا ئەنوەر ڕێك خرا.

لە ژیانی ڕێکخراوەییدا کادیرێکی بەجموجوڵ و چالاك بوو و لە یەکێ لە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی هەشتاکان لە هەڵەبجەی شەهید بریندار کرا. لەو ماوەیەدا چوار جار لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا و سەرەڕای ئەشکەنجەدانی، هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنەکانی نەدرکاند.

پاش دامەزراندنی بە مامۆستا لەگوندی گۆڕەدێمو موبرە لە ناوچەی شارباژێر، کاری ڕێکخراوەیی بۆ شارباژێر گواستەوەو لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی بەشێکی زۆری ڕێکخستنەکانی شارباژێرو چوارتاو کەناروێو چەند شانەیەکی ناو شاری سلێمانیی کرد.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن وەك کادیر کاری کرد، پاشان بۆ تیپی ٣١ی سلێمانی گواسترایەوەو وەك کادیر ئەرکی ڕێکخستنی پێشمەرگەی تیپەکەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٦ بۆ تیپی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی وەك جێگری فەرماندەی کەرتی

٢ی تیپەکە گوازرایەوە. هەر ئەو ساڵە بە هۆی بەشداریی کاریگەریی لە ئۆپەراسیونی قەیوان ـ ماوەت، پلەی بەرز کرایەوەو کرایە فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپەکە. ساڵی ١٩٨٨ لە کیمیابارانی دۆڵی جافایەتیدا ماڵو منداڵەکانی لەگوندی گوێزیلە بەر چەکی کیمیایی کەوتنو بە پەلە بە هەلیکۆپتەری ئێرانی بۆ ئێران گواسترانەوە. هەر ئەو ساڵە، پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، کرایە بەرپرسی رێکخستنی ئۆردوگای ئاوارەکانی سەقزو هەر لەوێ ئەرکی مامۆستایەتیی لە خوێندنگەی ئۆردوگاکە گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٨ خولی شەش مانگەی فەرماندەییو کۆماندوی لەگەڵ ٧٠ پێشمەرگەدا لە تاران بینی. دوای تەواو کردنی خولەکە، یەکێ لەو کادیرانە بوو کە بۆ وانەوتنەوە بە پێشمەرگە پارتیزانەکان، لە بنکەی مەشقی زەڵێ هەڵبژێردرا.

لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری نەبەردو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی حەسەن بەگ، ئەزمر، گۆجار، حاجی مامەند، سورە دێ و ئۆپەراسیونەکانی قەیوان - ماوەت و داستانی رزگاریو چوار جاریش بریندار بووە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بوو لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی راپەڕینداو هەروەها بەشداریی لە ڕزگار کردنی کەرکوکدا کرد. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٣٠٦ی گوڵان لە هێزی هەڵەبجەی شەهید.

ساڵی ١٩٩٣ لە یەکەم لیستی دامەزراندنی ئاسایشی پارێزگای سلێمانیدا، بە پلەی نەقیب کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزای پێنجوێنو پاشان بە فەرمانی پارێزگاری سلێمانی سالار عەزیز نزیکەی دوو ساڵ بە وەکالەت قایمقامی قەزای پێنجوێنو بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە وەکالەت بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاکە بوو.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٧ ـ ٢٠٠١ بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی قەزای هەڵەبجە بوو. لە ماوەی ٢٠٠١ ـ ٢٠٠٣ لێپرسراوەتیی ئاسایشی قەزاکانی پارێزگای سلێمانیی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٢ لە کۆلیجی کارگێڕیو ئابوریی زانکۆی سلێمانی وەرگیراو پاش چوار ساڵ خوێندن بڕوانامەی بەکالۆریوسی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٧ لێپرسراوەتیی بەشی کارگێڕیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانیی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١٤ پلەی بەرزکرایەوە بۆ لیوا.

## کەمال فوئاد



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٢ی شاری سلێمانی. لە بنەماڵەیەکی دێرینی شاری سلێمانییە کە ڕەچەڵەکی دەچێتەوە سەر بنەماڵەی زەویداری بابان. ئەندامانی ئەم بنەماڵە لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پۆستی گرنگیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەدەست هێناوەو لەم ڕێگەوە خزمەتێکی زۆری شاری سلێمانییان کردووە.

لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بەرە بەرە بە لای بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەدا دایشکاند. زۆری نەبرد پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کردو کەوتە بانگەشەکردن بۆ بیروباوەڕی کۆمۆنیزم وەك

ڕێوشوێنێك بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە.

ساڵی ١٩٥٢ سلێمانیی بەجێ هێشتو بۆ خوێندن لە کۆلیجی ئەندازیاری، لە بەغداگیرسایەوەو لەوێ بەشدارییەکی کارای لەچالاکییە جەماوەرییەکانی پارتی کۆمۆنیستدا کرد. هەر ئەو ساڵە لە چوارچێوەی کۆمیتەیەکدا کە پارتی کۆمۆنیست بۆ سەرپەرشتی کردنی چالاکییە جەماوەرییەکان پێکەوەی نابوو، لەگەڵ هەر یەك لە حەمدی ئەیوب و مەهدی عەبدولکەریم و وەجدی شەوکەت سری و جەمال خەلیل کەوتە کار کردن بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان و رابەرایەتی کردنی شەقام. لەم سەروبەندەدا دەستگیر کرا و دوو ساڵ خرایە زیندانەوە.

ساڵی ١٩٥٤، پاش ئەوەی کە لە زیندان دەرچوو، کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی پارێزگای سلێمانیی لقی کوردستانی پارتی کومۆنیستی عیراقو لەو ماوەیەدا لێبڕاوانە کەوتە کارکردن بۆ بەهێزکردنی تەونی ڕێکخراوەیی حزب کە دوچاری سستیو تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر هاتبوو. لەم بوارەدا تا ئەندازەیەکی زۆر، سەرکەوتوو بوو لە چاککردنی رەوشی ڕێکخستنەکاندا.

ساڵی ١٩٥٦ لەو کۆنفرەنسەی کە پارتی کۆمۆنیست لە بەغدا بەستی، توانی ئەوە بە پارتی کۆمۆنیست بسەلمێنێ کەپێویستە حزب هەڵوێستێکی رونی سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەبێو لەم سەروبەندەدا کۆنفرەنس دیکۆمێنتێکی گرنگی دەرکرد، تێیدا چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی وەك ڕێگەچارەیەکی تاکتیکی پێشنیار کردو لە هەمان کاتدا مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کوردی سەلماند.

پێداگرتنی بەردەوامی لەسەر ئەوەی کە دەبێ پارتی کۆمۆنیستی عیراق مەسەلەی کورد فەرامۆش نەکاتو بایەخێکی زۆرتری پێ بدا، هەندێ کێشەی لە ناو حزب بۆ دروست کرد. لە ساڵی ١٩٥٧ پڕۆژەیەکی سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان لقی کوردستانو ناوەندی حزب پێشکەش کرد کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە تێکهەڵکێش کردنی ڕێکخستنەکانی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقو پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوانیان بەسود وەرگرتن لەشێوەی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان حزبی تودەی ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڵام سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق پڕۆژەکەی رەت کردەوە، هەڵوێستی توندی بەرامبەری نواندو بەیاننامەیەکی توندو دورو درێژی لەسەر دەرکرد. هەر ئەو ساڵە، خۆیو چەند لێپرسراوێکی لقی کوردستان لەوانە ساڵح حەیدەری وازیان لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق هێناو چونە ناو ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەو کاتەدا برایم ئەحمەد رابەرایەتیی دەکرد. ئەم رووداوە کە بووە مایەی هەڵوەشانەوەی لقی کوردستان، کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەجێ هێشت.

هەر ئەو ساڵە کوردستانی بەجێ هێشت و چوو بۆ سوریا. لەوێشەوە چوو بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا. قۆناغی ئەڵمانیا لە ژیانیدا قۆناغێکی بەبڕشتەو لەو قۆناغەدا خوێندنی زانکۆی لەوێ تەواو کردو ماستەرنامەی لەسەر فۆنیمەکانی زمانی کوردی لە زانکۆی هامبۆرگ بەدەست هێناو دوا بەدوای ئەمە تێزێکی ئەکادیمیی سەبارەت بە دەستنوسە کوردییەکان پێشکەش کردو بڕوانامەی دکتۆرای پێ وەرگرت.

لە ساڵانی شەستەکاندا رۆڵێکی گەورەی لە بەشداری کردن لە رابەڕایەتی کردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا گێڕا و لەگەڵ هەر یەك لە عیسمەت شەریف وانلیو تارق ئاکرەییو سەعدی دزەییو وریا رەواندزی کەوتە کارکردن بۆ بەهێزکردنی

بزوتنەوەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپاو ئاراستەکردنی بەرەو خزمەتکردنی بزاڤی کوردایەتی. لەو قۆناغەی ژیانی، بۆ ماوەی چەند ساڵێك سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەوروپا.

ساڵی ١٩٦٥ وەك ئەرکێکی نیشتمانی، لەئەڵمانیا کەوتە گەڕان بەدوای کۆپییە دانسقەکانی رۆژنامەی «کوردستان» کەمیقداد مەدحەت بەدرخان یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٨٩٨دا لە قاهیرە دەرکردووەو پاش گەڕان و سۆراخ و پرسینێکی زۆر، لە ساڵی ١٩٦٨ هەموو ئەو ژمارانەی رۆژنامەکەی چنگ کەوت کە لەئەڵمانیا پارێزرا بونو لە بەراییدا لە ساڵی ١٩٦٩دا وتاریکی لەگۆڤاری «روناکی» لەسەر رۆژنامەکە بڵاوکردەوەو پاشان لە ساڵی ١٩٧٢ ژمارەکانی لە یەك بەرگدا لە بەغدا بە چاپ گەیاند.

ساڵی ١٩٧١ گەڕایەوە بۆ عیراق و بەشی زمانی کوردیی لە کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدا دامەزراندو ماوەی ساڵێك لەوێ مایەوە. دواتر گوێزرایەوە بۆ زانکۆی سلێمانیو لەوێ لقێکی بەشی زمانی کوردیی تێدا کردەوە. تا ساڵی ١٩٧٤ خۆی سەرپەرشتیی ئەو بەشەی کردووەو خۆیشی بەشێکی زۆری وانەکانی وتۆتەوە. ساڵی ١٩٧٤ دوا بە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، وازی لە وانە وتنەوە هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. سەرەتا لە قەڵادزێ گیرسایەوەو دواتر لە بەشی لێکۆڵینەوەی سەر بە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کرد.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، پەنای بۆ ئێران بردو پاش ماوەیەك ئێرانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا. لە حوزەیراندا پشتیوانیی لە هەوڵەکانی تاڵەبانی کرد کە لەو کاتەدا سەرقاڵی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو و وەك ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر رۆڵێکی بەرچاوی لە دامەزراندنیدا هەبوو. هەر ئەو ساڵە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانیو لە ئەڵمانیا بڵاوی کردەوە.

ساڵی ١٩٧٧ لە یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە ناو وڵات، لە ناوچەی برادۆست، بەو پێیەی کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتییە، لەسەر لیستی هێڵی گشتی بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە کاتی کۆبونەوەکەدا ئەو لە ئەڵمانیا بوو، بۆیە نەیتوانی بەشدار بێ تێیدا.

ساڵی ١٩٨٢ پشتگیریی هەوڵەکانی یەکخستنی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی کرد. دواتر هەوڵەکان دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان لێ کەوتەوە کە ئەو ئەندامی سەرکردایەتیی بوو. بەڵام لە کۆنفرەنسی یەکەمی ئەم رێکخراوە کە لە ئابی ساڵی ١٩٨٢ لەگوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی بەسترا، خۆی هەڵبژێردرا و لە دەرەوەی سەرکردایەتیی رێکخراوەکە مایەوە.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لە ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و پاش کۆنگرە بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. هەر ئەو ساڵە بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی سەوز هەڵبژێرراداو لە پەرلەماندا بووە سەرۆکی فراکسیونی سەوز.

لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، یەکێك بوو لەو ٥٩ پەرلەمانتارەی کە لە تەلاری پەرلەمان مانگرتنیان لە دژی هەلایسانی شەڕی ناوخۆ راگەیاند.

ساڵی ١٩٩٦ پاش رێکخستنەوەی کاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی ئیدارەی سلێمانی، بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دانرا. دوا بەدوای واژۆکردنی رێککەوتننامەی واشنتن لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی

دیموکراتی کوردستان، لە چوارچێوەی شاندی یەکێتیی نیشتمانیدا بەشدارییەکی کارای لە وتووێژەکانی تایبەت بە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکەدا کرد و لەم چوارچێوەیەدا بەگیانی تەبایی و یەکڕیزیی نیشتمانی کاری کرد.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەپێی بڕیاری کۆنگرە کە دەرفەتی دابوە ئەندامانی پێشوی دەستەی دامەزرێنەر بەبێ هەڵبژاردن ببنەوە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، بۆوە بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، پاش کۆنگرەش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرایەوە.

لە ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٥دا بە پێی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکی خولی گواستنەوەی پەرلەمان هەڵبژێردرا. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەودا، دوو پڕۆژەی دەستور، یەکێکیان بۆ هەرێمی کوردستان و ئەوی تر بۆ عیراقی فیدرالی پاش روخانی رژێمی بەعس پەسند کران. بەپێی ڕاگەیەندراوی ساڵی ٢٠١٤ی پەرلەمانی کوردستان، لە ماوەی خولی گواستنەوەدا پەرلەمان ٩٤ دانیشتنی ئەنجام داوە کە تێیدا ٥٥ بڕیار و ٤٤ یاسای دەرکردووە و هەر لەو ماوەیەشدا کۆنفرەنسێکی نێودەوڵەتی لەتەلاری پەرلەمان بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی گەلی کورد ڕێك خراوە.

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانی لە ساڵی ٢٠١٠، بە هۆی نەخۆشییەوە خۆی بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نەپاڵاوت، گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیاو لە بەرلین گیرسایەوە. لە١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤دا لە شاری بەرلین، پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، کۆچی دوایی کردو لە یەکی کانونی یەکەمدا لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی عومەر فەتاح وتاری مەکتەبی سیاسیی تێدا خوێندەوە، لە بەرلین بە خاك سپێردرا.

دیارترین بەرهەمەکانی: «کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ئەوروپا» (١٩٧٢)، «چەند زانیارییەك لەبارەی بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران» (١٩٩٧).

بابەتی پەیوەندیدار:

* دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## پاشکۆ

### بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی کۆچی دوایی دکتۆر کەمال فوئادەوە

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

هەڤاڵان و جەماوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵی تێکۆشەرمان کاك دکتۆر کەمال فوئاد سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرو ئەکادیمیست و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هاوخەبات و هاوڕێبازی سەرۆك مام جەلال ڕادەگەیەنین، کە دوای شەش دەیە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و ڕووناکبیری لەخزمەتی کوردایەتیدا، شەوی ڕابردوو لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دوای ململانێیەکی دژوار لەگەڵ نەخۆشیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت. بەو بۆنە خەمناکەشەوە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکارو بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و هەڤاڵان و جەماوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات.

هەڤاڵان!

قۆناغە جیاجیاکانی ژیان و تەمەنی خەباتی هەڤاڵ دکتۆر کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد پڕن لە سەروەری و شانازی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو گەلی کوردستان.

-خوالێخۆشبوو لە ساڵی ١٩٣٢ لە بنەماڵەیەکی دێرینو رۆشنبیرو کوردپەروەری شاری سلێمانی لەدایك بووە.

-لە سەرەتای لاوێتییەوە هاتۆتە ریزی تێکۆشانی نیشتمانی و کوردایەتییەوە. سەرەتا ساڵی ١٩٤٨ لە ریزەکانی حزبی شیوعی و پاشان ساڵی ١٩٥٦ لە ڕیزەکانی پارتی و ئینجا باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی. لە هەموو ئەو وێستگانەشدا هەڤاڵ دکتۆر کەمال فوئاد نمونەی خەباتگێڕی خۆڕاگرو هەڤاڵی دڵسۆزو سەرکردەی لێوەشاوەی رێبازی دیموکراسی، کوردایەتی و چەپ و پێشکەوتنخواز بووە.

-لە خەباتی پیشەیی و خوێندکاریدا، سەرەتای شەستەکان لە لایەن ژمارەیەك لە کوردستانیانی تاراوگەوە کۆڕی خەباتی پیشەیی شۆڕشگێڕی لاوانی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی تاو دا و رێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی لە ئەوروپا دامەزراند.

-ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ هەڤالانی دەستەی دامەزرێنەردا کۆڕی تێکۆشانیان جۆش دایەوەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان دامەزراند.

-لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١یشەوە یەکەم سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢.

-سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووە.

-جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە سلێمانی.

-بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

-بەرپرسی مەکتەبی ئیدارەو دارایی گشتی بووە.

-لە بواری رووناکبیری و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیدا خزمەتێکی بەرچاوی زمان و ئەدەبی کوردی و مێژووی کوردی کردووە، کە ژمارەکانی یەکەمین رۆژنامەی « کوردستان»ی دۆزیوەتەوەو ساڵی ١٩٧٢ بەچاپی گەیاندووە. لە بواری ئەکادیمیشدا بەشی دیراساتی کوردیی لە زانکۆی سلێمانی دامەزراندووەو یەکێك بووە لە مامۆستا خۆبەخشەکانی کە زانکۆیان گواستەوە بۆ ناو شۆڕش لەقەڵادزێ، وەك کەسایەتییەکی رووناکبیریش دۆستی دڵسۆزی چەند نەوەیەك لە رووناکبیران و نووسەرانی کورد بووەو هاوکار و پشتیوانی کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکییەکانیان بووە.

-لە دوا کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە مەراسیمێکی پڕ شکۆدا لە لایەن دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامانی کۆنگرەوە رێزی لێنرا لە پای خەبات و تێکۆشانی چەندین دەیەی لە ڕیزەکانی یەکێتیدا.

هەڤالان!

دکتۆر کەمال فوئاد بە تەنها ئەندامێکی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەبوو، کە ئەمە بۆ خۆی شەرەفێکی گەورەیە، بەڵکو پێش هەر شتێك تێکۆشەرێکی دڵسۆزی کوردایەتی و دیموکراسی بوو. لە کوردستان و عیراقدا، ناوی لەگەڵ کاروانی یەکەمی تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی سەدەی بیست و یەکدا دێت و رۆڵی لەو نێوانەشدا لە خەباتی جەماوەری، سیاسی و رووناکبیری و رۆژنامەوانیشدا دیارو بەرجەستەیەو لە مێژووی پڕ لە سەروەریی گەلەکەمان و یەکێتیدا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

لە بواری کۆمەڵایەتیشدا چ وەك بنەچەی بنەماڵەو چ وەك کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیش یەکێك بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی شاری سلێمانی، شاری رۆشنبیری و هەڵمەت و قوربانی.

-سڵاو لە ڕۆحی پاکی دکتۆر کەماڵ فوئاد تێکۆشەری گەورەو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سیاسەتمەدار و ئەکادیمیستی گەورەی گەلەکەمان.
-نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسیی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**٢٠١٤/١١/١٦**

## کەمال محەمەد مستەفا*



پێشمەرگە. ناسراو بە کەمال حەمەد مستەفا ئاغا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی بێتواتە لە بناری چیای ماکۆك. خوێندی سەرەتایی لە بێتواتە تەواو کردووە. لە تافی هەرزەکاریدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و لە هێزی بێتواتە ڕێك خرا. لە ساڵانی ١٩٧٤- ١٩٧٥ شارەزاییەکی باشی لە پێشمەرگایەتیدا پەیدا کردبوو و لەم سەروبەندەدا بەشداریی لە شەڕەکانی ماکۆك و شیشاردا کرد.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بێتواتەو لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد. لە تەموزی ١٩٧٦دا پەیوەندیی بەو هێزەی بزوتنەوەی سۆسیالیستەوە کرد کە خالید سەعید فەرماندەیی دەکرد. لەگەڵ ئاشکرابونی پەیوەندی کردنی بە هێزی پێشمەرگەوە، دەزگا ئەمنییەکان هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان گرتو بۆ شاری سەماوەی باشوری عیراقیان دور خستنەوە. بەڵام ئەم رووداوە هانی نەدا واز لە پێشمەرگایەتی بێنێ.

تەمەنی پێشمەرگایەتیی زۆری نەخایاند. لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦دا، خۆیو پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی سەعید خدر فەقێ ئەحمەد لە سنوری ئێران-حاجی ئۆمەران، لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەستگیر کران و بەپێی پەیمانی جەزائیر رادەستی رژێمی عیراق کرانەوە. لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٧٧دا هەردوکیان لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە دران و تەرمی هیچ کامێکیان نەدرایەوە بە کەسوکاریان.

## کەناروێ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لەسەر ڕێگای چوارتا - کەناروێ لە ١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٨٦. چالاکییەکە بە فەرماندەیی محەمەد حاجی سەعید چوارتایی فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی ٣٧ی شارباژێڕو بە بەشداریی چەند مەفرەزەیەکی هەردوو کەرتی ٢ و ٣ی هەمان تیپ بەڕێوە چووە.

لە شوێنی دەستنیشانکراو بۆ دانانی بۆسە، هێزەکە بەسەر سێ گروپدا دابەش بوو. گروپێکی ١١ پێشمەرگەیی بە فەرماندەیی فەرماندەی کەرتی یەك بۆ سەر ڕێگای قیرتاوی نێوان چوارتا و کەناروێ دانرا، گروپێکی تر لەسەر گردی گرداشان و ئەوی تر لەسەر گردی کیفۆکان دامەزرا کە هەردوکیان دەڕواننە سەر ڕێگاکە.

هێزێکی سوپاو جاش کەوتە بۆسەکەوەو درایە بەر ئاگرو ژمارەیەکی زۆری لێ کوژرا. دوا بەدوای دەستپێکردنی پێکادان، هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە پاڵپشتی تانك لە چوارتاوە بە فریای هێزە گیرخواردووەکە چوو بەڵام ئەویش کەوتە بۆسەوەو

درایە بەر گوللە. شەڕ لە سەعات ٥،١٣ تا سەعات ١٧ درێژەی کێشا.

پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە چوە سەر ئەو باوەڕەی کە هەموو ئامانجەکانی لەم چالاکییەکە بەدەست هێناوە، بۆ گوندی قوتابیان کشایەوە. لەم سەروبەندەدا هێزەکانی عیراق بە تۆپی دورهاوێژ ناوچەکەیان بە خەستی بۆردومان کرد، لە ئاکامدا پێشمەرگەیەك بە ناوی عوسمان گرگاشەیی شەهید بوو.

لەم چالاکییەدا هێزەکانی عیراق لە بۆسەی یەکەمدا ٢٥ سەربازو ٥ جاشیان لە دەست دا و لاشەکانیان کەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگەوەو ئوتومبیلێکی ئیڤاشیان تێکشکێنرا. لە پێکادانەکانی دواتردا ژمارەیەکی دیکەی سەربازیان لێ کوژرا و بریندار کرا.

ئەو هێزەی ئەم چالاکییەی ئەنجام دا، لە٣٨ پێشمەرگە پێك هاتبوو، لەوانە مەجید عەلی شاناخسێیی، محەمەد سورەبانی، عوسمان چنارەیی.

## کەندەشینە (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هەر سێ تیپی ٢١ی کەرکوك و ٢٣ی سورداش و ٢٥ی خاڵخاڵان لە ٢٢ی ئابی ١٩٨٧ بۆ گرتنی سەربازگەی کەندەشینە.

بە پێی نەخشەکە، هێزی پێشمەرگە بەسەر سێ گروپدا دابەش کرا و لە سێ قۆڵەوە هێرشی کرد. قۆڵی یەکەم بە سەرپەرشتیی سەرباز حسێن فەرماندەی کەرتی دوی شوانی تیپی ٢١ی کەرکوك و مستەفا محەمەد سالح برایم ناسراو بە کوردە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٢٣ی سورداش. قۆڵی دووەم بە سەرپەرشتیی جەلیل سادق خورشید ناسراو بە حاجی هەڵمەت فەرماندەی کەرتی ٣ی شەهیدانی چیمەنی سەر بە تیپی ٢١ی کەرکوك. قۆڵی سێیەم بە سەرپەرشتیی رەهبەر سەید برایم فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و هێزێکی تیپی ٢٣ی سورداش.

هێرشەکە سەعات ١١،٤٥ دەستی پێکردو شەڕێکی دەستەویەخە بەرپا بوو. لە ماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر تەواوی سەربازگەکەو رەبیەکانی دەوروبەریدا گیرا. زیانی گیانیی دوژمن ١٥٠ی تێپەڕاندبوو، زیانی ماددیش تێکشکانی ٩ ئۆتۆمبیل و شۆفلێك بوو.

پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە، هێزەکانی عیراق کوێرانە کەوتنە تۆپباران کردنی ناوچەکە. لەم ئۆپەراسیۆنەدا هێزی پێشمەرگە ٩ شەهیدی بەم ناوانە هەبوو: کەمال تاهیر سادق، خەلیل تۆفیق لەتیف، حەمە تاهیر حەمید عەبدول، فەتحوڵڵا جانە شەریف، نەوزاد رەشید، قاسم محەمەد ئەمین ساتی، فەرهاد بێدەری، سەلاح حەمە حسێنو مستەفا محەمەد سالح برایم.

ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە تێکدانی نەخشەی هێزەکانی عیراق بوو کە لە سەربازگەی کەندەشینەوە هێرشیان دەکردە سەر بەرزاییەکانی قوڵەسەوزو قوڵە پڕشینەو گوشارێکی زۆریان لەسەر هێزەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون دروست کردبوو. هێزەکانی عیراق سەربازگەکەیان لەگوندی راگوێزراوی کەندەشین دانابوو. ئەم سەربازگەیە لە دوو فەوجی سوك و فەوجێکی کۆماندۆ پێکهاتبوو، بە بەردەوامیش لە سەربازگەی سوسێوە هێزی بۆ دەگوازرایەوە. ئۆپەراسیۆنەکە ئامانجەکەی هێنایە دیو چیتر سەربازگەی کەندەشین وەك بنکەی هێرش کردن بەکار نەهات.

ناوی هەندێ لە پێشمەرگە بەشداربووەکانی ئۆپەراسیۆنەکە: سیروان عوبێد، ئاوات رەشید، حەمید ئۆمەرمەندانی، عومەر قەرە سالمی، شێخە عەلی بەیانی، کاکەمەند قولی بەگی، حەسەن شورتە، عادل سەقزی، خەلیل رەشید، سەلاح محەمەد رەزا، لەتیف

بیبانی، سیروان شەوگێڕی، عەلی چیمەنی، دلێر حەسەن، محەمەد حەساری، محەمەد گەڵۆزی، سەفەر قولی بەگی، عوسمان مام شێر، عەبدوڵڵا محەمەد سلێمان، کامەران بازیانی، رەئوف حەمە عەلی حەسەن، بێستون عەزیز، کەریم کۆکەیی.

## کیفاح ئەلئەنسار (رۆژنامە)


كفاح الأنصار

رۆژنامەیەکە کۆمیتەی راگەیاندنی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ بە زمانی عەرەبی دەری کردووە. زۆرتر بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە تەرخان کراوە. تەنها ٣ ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش بەمجۆرە: ژمارە ١ لە ئابی ١٩٨٣، ژمارە ٢ لە ئەیلولی ١٩٨٣ و ژمارە ٣ لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣.

ئەم رۆژنامەیە بەر لەوەی وەك رۆژنامەیەکی سەربەخۆ دەرچێ، پاشکۆی رۆژنامەی «ئیتتیحاد» بوو کە هەمان کۆمیتە لە ماوەی نێوان ١٩٨٢- ١٩٨٣ لە هۆڵەندە دەری کردووە. پەیامی رۆژنامەکە وەك لە سەروتاری یەکەم ژمارەدا گوزارشتی لێ کراوە بەمجۆرەیە: «کیفاح ئەلئەنسار گوزارشت لە ویستی پێشمەرگە دەکاو شانبەشانی چاپکراوەکانی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداری لە شکاندنی گەمارۆی میدیایی سەپێنراو بەسەر شۆڕشی گەلەکەمانو چالاکییەکانی پێشمەرگە دلێرەکانماندا دەکا، بەو هیوایەی کەوەك رۆژنامەیەکی سەربەخۆ... لەگەیاندنی دەنگی زوڵاڵی جەنگاوەران بەفراوانترین جەماوەرو هەموو دۆستە راستەقینەکانی گەلەکەمان رۆڵێکی پۆزەتیف بگێڕێ... جگە لەوەی کە ئەم رۆژنامەیە تریبۆنێکی دیکەی ئازادیخوای شۆڕشی عیراقو خەباتی هاوبەشی کورد- عەرەب دەبێ بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان و مەسەلەی دیموکراسیو ئازادی بۆ سەرتاسەری عیراق بەگشتیو بۆ گەلی کورد بەتایبەتی».

سەرچاوەی هەواڵەکانی رۆژنامەکە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانو رۆژنامەکانی «شەرارە» و «رێبازی نوێ» بوو. ئەوانەی کاریان تێدا کردووە، هەر ئەو کەسانەن کە کاریان لە رۆژنامەی «ئیتتیحاد»دا کردووە لەوانە جەمیل شەرەف و زاهیر حەمەد.

رۆژنامەکە لە دیزاین و چاپدا بە رۆژنامەیەکی پێشکەوتوو دادەنرێ و مانگانە بە ٨ لاپەڕە دەرچووە. چارەنوسی بە چارەنوسی رۆژنامەی ئیتتیحادەوە بەسترابۆوە. بۆیە کاتێك رۆژنامەی ئیتتیحاد لە تشرینی دووەمی ١٩٨٣ راگیرا، کیفاح ئەلئەنسار لە کار کەوت و هیچ ژمارەیەکی تری لێ دەرنەچوو.

## گرده بێناس (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی تیپی ٦٣ی جوتیاران و هێزەکانی سوپای عیراق کە لە ماوەی نێوان ٢١ ـ ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣ کە هێرشیان هێنابووە سەر بەرزاییەکانی دوپەزە و گردە بێناس لە ناوچەی پشدەر.

ناوچەکە خەریك بوو دەبوو بە مەیدانی شەڕ لە نێوان عیراق و ئێران. هێزەکانی ئێران توانیبویان لە ناوچەی سەردەشت پێشڕەوی بکەن و زۆربەی ناوچەکان لەبن دەستی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەربێنن و لەم سەروبەندەدا دەستیان بەسەر ئاڵوەتان و دۆڵەتوودا گرتبوو، ئەمەش وای کردبوو کە بارەگا سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوزەنگ و زەڵێ و توژەڵە بکەونە مەترسییەوە، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا ئێران پەیوەندییەکی گرژی لەگەڵ یەکێتیدا هەبوو.

لەو هەلومەرجەدا یەکێتی زۆربەی بارەگاکانی خۆی پێچایەوەو بڵاوە پێ کردو لەم نێوانەدا بارەگای دەزگای ناوەندیی راگەیاندن بە چاپخانەو رادیۆوە بۆ سەرشیوی ناوچەی پشدەر گوێزرایەوە.

فراوانبونی بەرەی شەڕی عیراق ـ ئێران خەریك بوو ناوچەی پشدەریشی دەگرتەوە. پاش ئەوەی کە سوپای پاسدارانی ئێران دەستی بەسەر بەرزاییەکانی بڵفەتدا گرت، هێزەکانی عیراق هەستیان بە مەترسی کرد و نەخشەیەکیان بۆ دروست کردنی هێڵێکی بەرگری داناو لەم چوارچێوەیەدا پەلاماری بەرزاییەکانی دوپەزەو گردە بێناسیان دا کە لەو کاتەدا تەنها ٢٠ پێشمەرگەی تیپی ٦٣ی جوتیارانی لێ بوو. پێشمەرگەکان بەرەنگاری هێزەکانی عیراق بونەوەو هەلیکۆپتەرێکی جەنگیشیان بەگوللەی ئار بی جی پێکا.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ لەگردە بێناس، هێزەکانی تیپەکە خۆیان گەیاندە بەرەی شەڕو لە دوو قۆڵ دامەزران. قۆڵێکیان بە سەرپەرشتیی فەرماندەی تیپ محەمەد رازانیو ئەوی تر بە سەرپەرشتیی جێگری سەرتیپ مەولود هێرۆیی. هێزەکانی عیراق سەرەتا نەختێك بەرەو گوندی چەکوان پێشڕەوییان کردو لەگەڵ گەرم بونی شەڕدا تیمێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عەلی وەیس گەیشتە فریای گردە بێناس و دواتر هێزێکی تر بە فەرماندەیی عەلی شامار گەیشتە شەڕگەکەو بەشداریی کاریگەری لە شەڕەکەدا کرد. هەروەها هێزی پشتگیریی گوندی باوزێ لە سەرەتای شەڕەکەوە رۆڵێکی دیاری نواند.

هەموو هێرشەکانی سوپای عیراق بە درێژایی چوار رۆژ یەك لەدوای یەك تێکشکێنران و دوژمن زیانی زۆری لێ کەوت. لە رۆژی چوارەمی شەڕەکەدا دوژمن بارەگای دەزگای راگەیاندنی لە نزیک گوندی باوزێ دایە بەر هاوەن.

لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق زیاتر لە ٣٠٠ سەربازیان لێ کوژراو ژمارەی بریندارایان ئەوەندە زۆر بوو کە خوێندنگەکانی قەڵادزێیان پڕ کردبوو. زیانی ماددیش

تێکشکاو سوتانی ١٠ ئوتومبیل و پێکرانی دوو هەلیکۆپتەر بوو. هێزی پێشمەرگە ٤٠ کلاشنکۆف و ٤ ئار بی جیی بە ٤٠ گوللەوەو ٢ هاوەنی ٦٠ ملم و سێ هەزار فیشەکی روسیو دوو دەزگای بێسیمی دەستکەوت بوو. لە٢٧ی ئابدا فەرماندەی لەشکری چوار لە سۆنگەی شکستی هێرشەکەوە بەفەرمانی وەزیری بەرگریی عیراق دەستگیر کرا.

هێزی پێشمەرگە تەنها دوو بریندار هەبوو. فەرماندەی کەرتەکانی سەر بە تیپی ٦٣ی جوتیاران کە بەشداریی ئەم شەڕەیان کردووە بریتین لە مەحمود رازانی، عەبدوڵڵا وسو، ئەحمەد هێرۆیی، عەبدوڵڵا هەمزە، مام جوتیار، ئەحمەد حەسەن و عەبدوڵڵا مەحمود.

## گزنگ (گۆڤار)




گۆڤاری لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان. سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە بەو جۆرە سەیری گۆڤارەکەیان کردووە کە درێژەپێدانی چاپەمەنییەکە کە لە ساڵی ١٩٧٢ بە ناوی گزنگەوە لە شاری کەرکوك دەرچووە. بۆیە، کاتێك بیریان لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە گۆڤارێک بەناوی گزنگەوە دەر بکەن، لە ژمارە دوو دەستیان پێ کرد تاکو نیشانی بدەن کە گۆڤارەکە درێژەپێدانی ئەو چاپەمەنییەیە کە یانزە ساڵ لەمەوبەر لە کەرکوك دەرچووە.

لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا ١٤ ژمارە لەم گۆڤارە دەرچووە. ژمارە دوو لە ئازاری ١٩٨٣و ژمارە ١٥ کە دوایین ژمارەیە لە نیسانی ١٩٨٩ دەرچووە.

گۆڤارەکە گۆڤارێکی ئەدەبییە، حەمە کەریم عارف و ئەحمەد عارف دەریان کردووە. بەهۆی هەلومەرجی دژواری سەردەمی پێشمەرگایەتییەوە، گۆڤارەکە هەر جارەی لە شوێنێك دەرچووە. ژمارە ٢ کە یەکەم ژمارەی سەردەمی پێشمەرگایەتییە، لە دوتوێی ١٠٤ لاپەرە لەگوندی توژەڵە دەرچووە کەبارەگای چاپخانەی برایم عەزۆو رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانی لێ بووە. ژمارە ٣ لەگوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی دەرچووە، ژمارەکانی ٤ تا ٦ لە بەرگەڵوو و ژمارەکانی ٧ تا ١٤ لەیاخسەمەر دەرچون و یەك ژمارە کە ژمارە ١٥یەو دوایین ژمارەی سەردەمی پێشمەرگایەتییە، لە شاری سەقز لە کوردستانی ئێران دەرچووە.

ژمارەکانی ٢ تا ٦ لە چاپخانەی برایم عەزۆ چاپ کراون. ژمارەکانی تر لە چاپخانەی عەبدولخالق مەعروف چاپ کراون. لەو ژمارانەی لە چاپخانەی عەبدولخالق مەعروف چاپ کراون، بەشێکیان لەگوندی سەرگەڵوو چاپ کراون و بەشەکەی تر، پاش گواستنەوەی بارەگای چاپخانەکە لە سەرگەڵووەوە بۆ یاخسەمەر، لەگوندی یاخسەمەر چاپ کراون.

لە چاپخانەی عەبدولخالق مەعروف کە چاپخانەی لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان بوو، زۆربەی بابەتەکانی گۆڤارەکە بە تایپی برازەرو هەندێکیان بە تایپی ئای بی ئێم تایپ کراون و بەرۆنیۆی دانزای دەبڵو رۆنیۆی کاتل راکێشراون و لە هەندێ ژمارەدا سود لەفۆتۆ ستێنسل وەرگیراوە. ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە لە نێوان ١٠٠ ـ ١٢٠ لاپەڕە دایە. قەبارەی گۆڤارەکە نیو فولسکابە. زۆربەی ژمارەکان لە٢٠٠ دانە کەمتریان لێ چاپ نەکراوەو تیراژی هەندێ ژمارە گەیشتۆتە ٦٠٠ دانە.

گۆڤارەکە چەند پاشکۆیەکی دەرکردووە، لەوانە پاشکۆیەکی تایبەت بە هونەرمەندی کوردی تورکیا یەڵماز گۆنەیو پاشکۆی «گزنگی بچوکان» کە سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

جگە لە دەزگای راگەیاندنی یەکێتیو چاپخانەی برایم عەزۆ کە زۆر یارمەتیی گۆڤارەکەیان داوە، گۆڤارەکە لە چەند لایەنێکی ترەوە کاغەزو ئامێری چاپی وەك کۆمەك وەرگرتووە لەوانە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پاسۆك و هەندێ گروپی چەپی ئێرانی.

جگە لە نوسەرە پێشمەرگەکان کە بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، چەند نوسەرێکی شارەکانیش بە ناوی خوازراو بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە وەك شێرکۆ بێکەس (بە ناوی خوازراوی جوامێر)، عەبدوڵڵا سەراج، رەئوف بێگەرد (بە ناوی رێبوار)، ئازاد عەبدولواحید (بە ناوی تەوار)، ساڵح بێچار، حەمە فەریق حەسەن (بە ناوی پشتیوان)، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و مەهاباد قەرەداغی. هەندێ لە ژمارەکانی گۆڤارەکە و بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان لە شارەکان بەنهێنی دەفرۆشران. گۆڤارەکە چەند بابەتێکی وەرگێڕدراوی عەرەبیو فارسیی بڵاوکردۆتەوەو بایەخێکی تایبەتی بە ئەدەبی بەرەنگاربونەوە داوە.

پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ گۆڤارەکە ژمارە ١٦و ١٧ی لە شاری سلێمانی لێ دەرچووە. دوای روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، وەك گۆڤاری لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان دەستی بە دەرچون کردەوە.

ساڵی ٢٠١٩ لە چوارچێوەی پرۆسەی پاراستن و دیکۆمێنتکردنی ئەرشیفی کەلتوریی سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، بە کۆشش و دەستپێشخەریی محەمەد مێرگەسۆری، لە سەرجەمی ١٨ ژمارەی گۆڤارەکە ٦ ژمارە لە دوتوێی کتێبێکی ٥٩٦ لاپەڕەییدا بە ناونیشانی «داربەڕووەکەی کەرکوك: کاروانی گۆڤاری گزنگ» بڵاوکرایەوە. مێرگەسۆری بۆ ئاشناکردنی خوێنەر بە وردترین زانیاری دەربارەی گۆڤارەکە، چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەلی ساڵی ٢٠١٤ی لەگەڵ سەرنوسەری گۆڤارەکە، حەمە کەریم عارف، لە کتێبەکە بڵاوکردەوە. چاوپێکەوتنەکە زانیاریی ورد و تازەی لە خۆ گرتووە و تێیدا تیشك خراوەتە سەر وردەکاریی دەرکردنی گۆڤارەکە.

## پاشکۆ

## پێشەکیی چاپی دووەمی گۆڤاری «گزنگ»

نوسینی: فەرید ئەسەسەرد

لە ناو هەموو گۆڤارەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، گۆڤاری «گزنگ» بەوە لە گۆڤارەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە ژمارە ١ی نیە. ئەگەر لە بازنەیەکی فراوانترەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، دەتوانین بڵێین گۆڤاری «گزنگ» لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا تاکە گۆڤارە کە لە ژمارەی دووەمەوە دەستی پێ کردووە و هەر

کەسێك سەیری ژمارە کۆکراوەکانی دوتوێی ئەم کتێبە بکا، دەبینێ کۆکراوەکە ژمارەی یەکەمی تێدا نیە. ژمارەی یەکەم ون نیە، بەڵکو لە بنەڕەتدا نیە. ئەمەش چیرۆکی خۆی هەیە.

ساڵی ١٩٧٢ نوسەرانی کەرکوك، بە سود وەرگرتن لە قۆناغی ئاشتیی پاش بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کۆمەڵە وتارێکیان لە دوتوێی بڵاوکراوەیەکدا لە ژێر ناونیشانی «گزنگ» بڵاوکردەوە. بڵاوکراوەکە شێوەی گۆڤاری وەرنەگرتبوو. هەر بە هۆی ئەمەشەوە ژمارە ١ی لەسەر دانەنرا بوو، هەروەها هەر بە هۆی ئەمەشەوە کەس داوای مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری لە وەزارەتی راگەیاندنی عیراق وەرنەگرتبوو.

هەڵبژاردنی ناوی «گزنگ» بۆ کۆمەڵە وتارەکە، گوزارشت لە ناوەڕۆکی بابەتە بڵاوکراوەکان ناکا. ئەوانەش کە ئەم ناوەیان لەسەر بەرگی کۆمەڵە وتارەکە داناوە، هیچ رونکردنەوەیەکیان سەبارەت بە هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە نەداوە، بەڵام دەشێ لە ژێر کاریگەریی ناوی «شەفەق»دا بن، کە ناوی گۆڤارێکە لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣ لە کەرکوك دەرچووە. هەرچەند واتای هەردوو ناو پێچەوانەی یەکترە، بەڵام هەردوکیان گوزارشت لە دیاردەیەکی فیزیکی دەکەن: «شەفەق» تیشکی پاش خۆرئاوابونە و «گزنگ» تازە دەرکەوتنی تیشکی خۆرە. وەك لە دوو ناوەکەدا دەردەکەوێ، نوسەرانی سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی کەرکوك، لە نوسەرانی کۆتایی پەنجاکان گەشبینتر بون و هەر بۆیە ناوی «گزنگ» یان هەڵبژارد.

«گزنگ» ناوێکی ستاندارد نەبوو، بەو مانایەی کە ئەگەر نوسەرانی کۆمەڵە وتارەکە بڕیاریان بدایە کۆمەڵە وتارێکی تر دەرکەن، بە قەد ئەوەی کە دەیانتوانی کۆمەڵە وتارێکی تر لە ژێر ناونیشانی «گزنگ» دا دەرکەن، دەشیانتوانی لە ژێر هەر ناونیشانێکی تردا دەری بکەن.

لە راستیدا هیچ شتێك بە رونی ئاماژە بۆ ئەوە ناکا کە نوسەرانی گزنگی یەکەم بە نیازی دەرکردنی گزنگێکی تر بون، بەڵام چ ئەو نیازە هەبوو بێ یان نەبوو بێ، گزنگی دووەم دەرنەچوو، چونکە پاش دەرچونی کۆمەڵە وتارەکە، حکومەتی عیراق بە بەرنامە کەوتە تەنگهەڵچنین بە هەموو بوارەکانی رۆشنبیریی کوردی لە کەرکوك. ئەمەش هیچ دەرفەتێکی بۆ فراوانکردنی پڕۆژەی «گزنگ» نەهێشتەوە و بڵاوکراوەکە هیچی تری بە دوادا نەهات.

یانزە ساڵ پاش گزنگی یەکەم، لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا گزنگی دووەم لەسەر دەستی حەمە کەریم عارف گەڕایەوە بۆ ژیان. حەمە کەریم عارف کە سەرۆکایەتیی لقی کەرکوکی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانی دەکرد، ناوی «گزنگ»ی بۆ گۆڤاری لقی کەرکوك هەڵبژارد. لەم دەستپێشخەرییەدا هەموو کێشەی کەرکوکی لە وشەی گزنگدا چڕ کردەوە، چونکە ناوەکە ئومێدبەخشە، گەشبینیی لێ دەچۆڕێ و لە هەموو رویەکەوە گوزارشت لە گیانی خۆڕاگری و کۆڵنەدان دەکا. خودی دەستپێك بە ژمارە ٢ پەیامێکی روونی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە «گزنگ» ی شاخ درێژەپێدانی «گزنگ»ی شارە.

گۆڤاری «گزنگ» روی دووەمی شۆڕش دەردەخا و نیشانی دەدا کە شۆڕش هەر شەڕ و تەقە و هێرش و پێکدادان و تێکهەڵچون نیە، بەڵکو رویەکی شارستانیشی هەیە کە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی مرۆڤانەیە بە شێوەی شیعر و پەخشان و چیرۆك و لێکۆڵینەوەی ویژەیی و وەرگێران لە زمانی گەلانی ترەوە. لەسەر دەستی «گزنگ» و گۆڤارەکانی هاوشێوەی ئەو، چیا بووە مەڵبەندی بەرهەمهێنانی بیر و فەلسەفە و زانست و مەعریفە و ویژە. ساڵی

١٩٨٥ گزنگ هەنگاوێکی دیکەی شارستانیی هەڵهێنا، کاتێك پاشکۆیەکی بە ناوی «گزنگی بچوکان» دەرکرد کە تایبەت بە وێژەی منداڵان بوو. دەرکردنی ئەو پاشکۆیە کە بە شێوەی گۆڤار سێ ژمارەی لێ دەرچووە، ڕەنگدانەوی هەستکردنە بە لێپرسراوەتی بەرامبەر بە منداڵانی کوردستان کە لەو سەردەمەدا لە هەموو خۆشییەکی ژیان بێبەش بون. گۆڤارەکە درەوشاوەترین شێوەی بەرجەستەکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵە کە ساڵی ١٩٥٩ ڕێکخراوی یونیسێف دەری کردووە. لەم بوارەدا ڕۆڵی ئەحمەد عارف کە سەرنوسەری گۆڤارەکەیە ، شایستەی ڕێز و پێزانینێکی زۆرە. «گزنگ» وەکو هەموو گۆڤارەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی، لە هەلومەرجێکی دژواردا دەرچووە. یەکەم ژمارەی سەردەمی پێشمەرگایەتی (واتە ژمارە ٢) لە بارودۆخێکی ئێجگار ئاڵۆزدا دەرچوو. ژمارەکە لە ئازاری ١٩٨٣ لە گوندی توژەڵە دەرچووە. ئەو ژمارەیە زۆر بە پەلەپەل دەرکرا، چونکە بارەگای چاپخانەی برایم عەزۆ و ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان پێچرابونەوە و دەبوایە هەردوکیان لە توژەڵە بگوێزرێنەوە، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە دۆخەکە بەرەو ئەوە دەچوو کە ناوچەکە ببێ بە ناوچەی شەڕ و پێکدادان. خۆشبەختانە کادیرەکانی چاپخانە فریای چاپکردنی ئەو ژمارەیەی «گزنگ» کەوتن و لەگەڵ تەواوبونی کارەکەدا، دەستیان بە چۆڵکردن و گواستنەوەی بارەگاکە کرد بەرەو سەرشیو و باوزێ لە دەوروبەری قەڵادزێ. هەر بە هۆی ناسەقامگیریی دۆخەکەوە، «گزنگ» گەشتیارێکی بەردەوام بوو، هەر جارەی لە شوێنێك دەگیرسایەوە. بۆیە لە توژەڵەوە چووە هەڵەدن لە دۆڵی جافەتی و لەوێوە چووە بەرگەڵوو، لەوێشەوە بۆ یاخسەمەر و لە کۆتاییشدا دوایین ژمارەی سەردەمی پێشمەرگایەتیی گۆڤارەکە، لە سەقز لە ئێران دەرچوو.

پاراستنی ئەرشیفی سەردەمی پێشمەرگایەتی، بەتایبەتی ئەو ئەرشیفەی کە دیوی شارستانی و مەدەنییانەی سەردەمی پێشمەرگایەتی پیشان دەدا، کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی سەردەمی پێشمەرگایەتی هەر لە چوارچێوەی شەڕ و تێکهەڵچون و بەکارهێنانی چەکدا قەتیس نەکرێ و هەروەها بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە بسەلمێنرێ کە ڕۆشنبیران و نوسەران لە سەردەمی خەباتی چەکداردا، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوە و ڕۆڵیان هیچ لە ڕۆڵی پێشمەرگە کەمتر نەبوە و بە کردەوە نوسەر و پێشمەرگە یەکتریان تەواو کردووە و هەردوکیان، بە شێوەی جیاواز، بۆ یەك ئامانج تێکۆشاون، یەکێکیان بە قەڵەم و ئەوی تر بە تفەنگ.


چاپکردنەوەی ژمارەکانی گۆڤارەی «گزنگ» مایەی دڵخۆشییە. لەم ڕووەشەوە هەوڵ و ماندوبونی ڕۆشنبیری دیکۆمێنتکار محەمەد مێرگەسۆری مایەی ڕێز و پێزانینە.

سەرچاوە: محەمەد مێرگەسۆری، داربەڕووەکەی کەرکوك: کاروانی گۆڤاری گزنگ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٥-٨.

## گزنگی بچوکان (گۆڤار)

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری گزنگ. سەرنوسەرەکەی ئەحمەد عارفە. بابەتەکانی تایبەتن بەئەدەبی منداڵان. بە قەبارەی نیو فولسکاب سێ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە ئازاری ١٩٨٥ وەك پاشکۆی ژمارە ٩ی گۆڤاری «گزنگ» دەرچووە، ژمارە دوو لەئابی ١٩٨٥و ژمارە سێ لە ئەیلولی ١٩٨٥ وەك پاشکۆی ژمارە ١٢ی گۆڤاری گزنگ دەرچووە.

یەکەم ژمارەی گزنگی بچوکان لە چاپخانەی




برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو چاپ کراوەو دوو ژمارەکەی تر لە چاپخانەی عەبدولخالق مەعروف لەگوندی سەرگەڵوو چاپ کراون. هونەرمەندی شێوەکار ڕەمزی قوتبەددین لە دیزاینی بەرگ‌و ناواخنی گۆڤارەکەدا هاوکاریی سەرنوسەری کردووە.

## گڵەزەردە (ئۆپەراسیون)

ئۆپەراسیونێکی هێزی پێشمەرگەیە بە دوو قۆناغ لە ٢٦و ٢٧ی ئایاری ١٩٨٧دا بەڕێوە چووە، تیپەکانی سەر بە مەڵبەندی یەك بە هاوکاریی ڕێکخراوی ٤ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و مەفرەزەیەکی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)و هێزی پشتگیری لە زنجیرە چیاکانی گڵەزەردە ئەنجامیان داوە.

لە قۆناغی یەکەمدا کە سەعات یەکی ٢٦ی ئایار دەستی پێ کردووە، هێزەکان لە سێ قۆڵەوە هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر دامـەزراوە سوپاییەکانی عیراق لەزنجیرە چیاکانی گڵەزەردەو لە ماوەی سەعات و نیوێکدا دەستیان بەسەر هەر هەمویدا گرت.

لە قۆڵی یەکەمدا هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی ٥٥ی قەرەداغ و تیپی مەڵبەندی یەك و تیپی تۆپخانە و هێزی پشتگیری و مەفرەزەیەکی ڕێکخراوی ٤ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هێرشی کردە سەر بارەگاکانی پشتی سوێراوا، زڕگوێز، کڵاو گورگ، دارمـازەڵە و توانرا دەست بەسەر بارەگای فەوجی ١٠٣و دوو بـارەگـای سریە و ٧ ڕەبیـەی سـەر بە فەوجەکەدا بگیرێ.

لە قۆڵی دووەمـدا هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٥٣ی شێروانەو ٥١ی گەرمیان و هێزی پشتگیری، هـاوکـات لـەگـەڵ دەستپێکردنی هێـرش لـە قۆڵی یەکەمدا، هێرشی کردە سەر مەخفەری گڵەزەردەو پشتی بـەرانـان و لـەم هێرشەدا دەسـت بەسـەر دوو بارەگای سریەی هێزی کۆماندۆی ٣و ٤ی فەوجی یەکی کۆماندۆی تیپی ٥و ٣ بارەگای فەسیلی ١١ و ١٢ و ١٣ی یەکەی ٣٠٥١و بارەگای سریەو ١٥ ڕەبیەی جاشەکاندا گیرا.

لە قۆڵی سێیەمدا هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٥٧ی سەگرمەو ٥٩ی حەمرینو مەفرەزەیەکی پاسۆك و هێزی پشتگیری هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن لەپشتی داراغاو پشتی هەزار مێردو پشتی جێشانەو توانی دەست بەسەر بەشێکی بارەگاکانی فەوجی ٦٠و بارەگای سریەی جاش و ١٣ ڕەبیەی جاشەکاندا بگرێ.

دوژمن لە هەر سێ قۆڵ زیاد لە ١٠٠ سەربازو جاشی لـێ کـوژراو ١٣ جاشی لـێ بـەدیـل گیرا. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە لەهەر سێ قۆڵ ١٥ پارچە چەك و ٣ ئوتومبیل و ٦ دەزگـای بێسیم و

کۆمەڵێك تەقەمەنیو خۆراك و کەلوپەل بوو.

قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیونەکە لە ٢٧ی ئایاردا دەستی پێکرد، کاتێك هێزەکان پاش نیوەشەو لە دوو قۆڵەوە هێرشیان کرد. لە قۆڵی یەکەمدا تیپەکانی ٥٧ی سەگرمەو ٥٩ی حەمرین لە داراغاوە هێرشیان کردو پاش شەڕێکی سەخت توانیان دەست بەسەر بارەگای فەوجی سوکی ٦٠و ڕەبیەکانی دەوروبەریدا بگرن. بەشێکی تری هێزەکانی ئەم قۆڵە، لە لایەکی ترەوە هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجی سوکی ٩٧و زیانێکی زۆریان پێ گەیاند.

لە قۆڵی دووەمدا تیپی مەڵبەندی یەك و تیپی ٥٣ی شێروانە لە گۆپیتەوە هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجی یەکەی ٨٧٩٠ و بارەگای فەوجی سوکی ٩٠ و پاش شەڕێکی سەخت یەکە یەکە دەستیان بەسەردا گرتن.

لە هەردو قولْدا دوژمن زیانی لەدەستدانی زیْدەتر لە ١٥٠ سەربازو جاشی لێ کەوت و ١٣ جاشی لێ بەدیل گیرا. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە لە هەردوو قۆڵ ١٧٦ پارچە چەك و ٣ ئوتومبیل و ٥ دەزگای بێسیمی ١٠٥و بڕێکی زۆر تەقەمەنیو کەلوپەل بوو. هەروەها بە هۆی تەقینەوەی جبەخانەکانەوە دوژمن نزیکەی ٣٠٠ پارچە چەکی هەمەجۆری فەوتا، سەرباری سوتانی ١٥ ئوتومبیل لە کاتی شەڕەکەدا.

سەرجەمی گشتیی زیانەکانی دوژمن لەهەردوو ڕۆژدا بەمجۆرەیە: کوژرانی نزیکەی ٢٥٠ سەربازو جاش، بەدیل گرتنی ٢٦ جاش. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگەش بریتی بوو لەگرتنی ١٩١ پارچە چەك و ٦ ئوتومبیل و ١١ دەزگای بێسیم و بڕێکی زۆری تەقەمەنیو خۆراك و کەلوپەل.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا هێزی پێشمەرگە شەش شەهیدی هەیە لەوانە کادیری پێشکەوتوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و فەرماندەی تیپی مەڵبەندی یەك قادر حەمە ساڵح یاروەیس ناسراو بە دلێر جاف. هەروەها سەردەستەی مەفرەزەکەی پاسۆك مەلا یادگار لەم ئۆپەراسیۆنە شەهید بوو، سەرباری شەهیدبونی عەبدوڵڵا کەریم سەلیم ڕەباتی فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ، محەمەد ساڵح قازی لە تیپی ٥٣ی شێروانە، محەمەد حەمە ئەمین و حیکمەت مەحمود ڕەشید لە تیپی مەڵبەندی یەك.

## گۆپتەپە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق و جاش بە پاڵپشتی ١٧ تانك و ٢ زرێپۆش و ٦ هەلیکۆپتەری جەنگی و ٢ فڕۆکەی پیلاتۆزو ٤ تۆپی دورهاوێژ لە ٧ی شوباتی ساڵی ١٩٨٥ لەگوندی گۆپتەپە لە سنوری ناوچەی ئاغجەلەر.

پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوك و تیپی ٢٥ی خاڵخالان و مەفرەزەیەکی سەر بە مەکتەبی عەسکەری و مەفرەزەیەکی سەر بە مەکتەبی کۆمەلایەتی بەرپەرچی هێرشەکەی دوژمنیان بۆ سەر گوندی گۆپتەپە دایەوە. پاش ١٤ سەعات شەڕکردن هێرشەکە شکاو هێزەکانی دوژمن بەرەو چەمچەماڵ پاشەکشەیان کرد.

لەم شەڕەدا دوژمن ٢٩ سەربازو ٤٢ جاشی لێ کوژراو ژمارەیەکی زۆر برینداریشی هەبوو. لە هێزی پێشمەرگە کەمال مەحمود بەرپرسی دادگای سنورەکەو دوو پێشمەرگە بە ناوی ئیسماعیل عەزیز ساڵح و زوهێر سەعدون شەهید بوون. لە ئاکامی شەڕەکەدا زیانێکی ماددیی زۆر بەر خەڵکی گوندەکە کەوت و خودی گوندەکەش کاول بوو.

هێرشەکەی هێزەکانی ڕژێمی عیراق لە تۆڵەی شالاوی ١ی شوباتی تیپەکانی ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ بوو دژ بەو

خێڵە عەرەبانەی کە رژێمی عیراق لە چوارچێوەی پرۆسەی بەعەرەبکردندا لە ناوچەکانی باشووری هەولێرو شارۆچکەی رێدارو گوندەکانی دەربەندی گۆم و گورزەیی نیشتەجێی کردبوون.

گۆپتەپە: سەرەڕای وێرانبوونی گوندەکە، دانیشتوانەکەی گوندەکەیان ئاوەدان کردەوە. گوندەکە تا ئایاری ساڵی ١٩٨٨ بە ئاوەدانی مایەوە. لە ٣ی ئایاری ١٩٨٨دا لەشاڵاوی ئەنفالی ٤دا، گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەرو مایلەو سەرچماو شێخان و کەڵەشێرەو چەمی رێزان و قۆچەبلاخ و زەرزێ درانە بەر چەکی کیمیایی و ئەم هێرشە کیمیاییە ژمارەیەکی یەکجار زۆری دانیشتوانی عەسکەرو گۆپتەپەی کوشت و بریندار کرد.

بۆ رۆژی دواتر هێزێکی بەربلاوی سوپا بە پاڵپشتی فرۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەرو پیلاتۆز لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی کردە سەر ناوچەکە، لەوانە لە قۆڵی چەمچەماڵەوە بۆ سەر ئاغجەلەرو گۆپتەپەو گەلناغاج و سەرچنار. لە ئاکامی ئەم هێرشەدا ژمارەیەکی دیکەی خەڵکی گۆپتەپە کوژران و بەشێکیشیان ئەنفال کران.

## گۆڕان (بزوتنەوە)

رێکخراوێکی سیاسییە ساڵی ٢٠٠٩ نەوشیروان مستەفا پێکی هێناوە. پێشینە بەرایییەکانی پێکهێنانی بزوتنەوەکە بۆ کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە سۆنگەی ناکۆکیی ناوخۆییەوە، وازی لە پۆستەکەی هێناو دەستی لەکار کێشایەوە.

پاش دەست لەکارکێشانەوەکە، نەوشیروان مستەفا بایکۆتی کاری سیاسیی کردو سەرقاڵی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی رۆشنبیری بوو بە ناوی کۆمپانیای وشەوە کە پاشتر لە ڕەوتی پەرەسەندنیدا کەناڵی سەتەلایتی KNN، رۆژنامەی «رۆژنامە»، ماڵپەڕی «سبەی»و سەنتەری راپرسیی کوردستانی لێ کەوتەوە.

دەستلەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفا کە بە سەرکردەی ناڕاگەیەنراوی گروپێکی گەورەی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دادەنرا، لەتبونی لێ نەکەوتەوە، بەتایبەتی کە دەست لەکار کێشانەوەکەی، بە ڕاوێژو رەزامەندیی فراکسیۆنەکەی ئەنجام نەدرابوو. بۆیە، لەو قۆناغەدا ستراکچەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درزی کاریگەری تێ نەکەوت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەست لە کارکێشانەوەکە کۆتایی بە کێشەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەهێنا.

لە ماوەی دوو ساڵی پاشتردا چارەسەری گونجاو بۆ کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەدۆزرایەوەو لەم سۆنگەیەوە دوبەرەکیی ناوخۆیی زۆرتر روی لە هەڵکشان کرد. لە شوباتی ٢٠٠٩دا چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە ئەمانەن: عومەر سەید عەلی، جەلال جەوهەر، مستەفا سەید قادرو عوسمان حاجی مەحمود نامەی دەست لەکارکێشانەوەیان نوسی و چونە پاڵ نەوشیروان مستەفاوە. دوا بەدوای دەستلەکارکێشانەوەکە، چەند ئەندامێکی دیکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی وازیان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو پەیوەندییان بە نەوشیروان مستەفاوە کرد.

لێرە بەدواوە ئادگاری هێشتا گەڵاڵە نەبووی گروپە سیاسییە تازەکە تا دەهات رۆشنتر دەبوو، بەڵام تا نیسانی ٢٠٠٩ گروپەکە هێشتا هیچ تایبەتمەندییەکی پەیدا نەکردبوو و هێشتا وەك بەشێکی بێ ناسنامەی تازە لە یەکێتی جیابووەوە تەماشا دەکرا.

لە نیسانی ٢٠٠٩دا نەوشیروان مستەفا رایگەیاند

کە بە لیستێکی تایبەت بەشداری لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەکات. لە ٢٨ی نیساندا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی فەرمی لیستی «گۆڕان»ی نەوشیروان مستەفای وەك قەوارەیەکی سیاسی پەسند کردو مافی بەشداری کردنی لە هەڵبژاردندا پێ بەخشی و لە٢٧ی ئابدا وەك قەوارەیەکی سیاسی لەسەر ئاستی عیراق هەمان مافی پێ بەخشی.

بەشداربونی گروپەکە بە لیستێکی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا تەمومژێکی زۆری لەگۆڕەپانی سیاسیدا دروست کرد چونکە تا ئەو کاتە تاکەکانی گروپەکە، چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی لێ دەرچێ، نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان بە شێوەیەکی فەرمی پێشکەش نەکردبوو و ئەوەشیان رانەگەیاندبوو کە چیتر خۆیان بە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نازانن. لە ٢٨ی ئایاردا کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیاری سڕکردنی ئەندامەتیی هەموو ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی دا کە چوو بوونە پاڵ نەوشیروان مستەفاوە بەنیاز بون بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بکەن.

لە هەڵبژاردنی ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستاندا لیستی گۆڕان وەك قەوارەیەکی سیاسی لە سەرجەمی ١١١ کورسی ٢٥ کورسیی بەدەست هێناو لە هەڵبژاردنی ٧ی ئازاری ٢٠١٠ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا لە سەرجەمی ٣٢٥ کورسی ٨ کورسیی بەدەست هێنا. لەسەر ئاستی عیراق ٤٨٧١٨١ دەنگی بەدەست هێنا، ئەمەش وای کرد ببێ بە پێنجەم فراکسیۆنی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق.

تا پاش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، «گۆڕان» وەك «لیست» یان وەك «قەوارەیەکی» هەڵبژاردن هەڵسوکەوتی دەکردو هێشتا بە شێوەیەکی فەرمی روخساری رێکخراوێکی سیاسیی وەرنەگرتبوو.

راگەیاندنی گروپەکە وەك رێکخراوێکی سیاسی بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەگەڕێتەوە، کاتێك گروپەکە لە ٣١ی ئایاری ٢٠١٠دا مۆڵەتی فەرمیی وەك رێکخراوێکی سیاسی بە ناوی بزوتنەوەی گۆڕانەوە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێ درا.

ئەو ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی کە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا بونەوەو دواتر بزوتنەوەی گۆڕانیان دروست کرد ئەمانەن: نەوشیروان مستەفا ئەمین، مستەفا سەید قادر، عوسمان حاجی مەحمود، عومەر سەید عەلی، کوردۆ قاسم، عوسمان بانی مارانی، جەلال جەوهەر، سەفین مەلا قەرە، ئاسۆ عەلی، جەمال حاجی محەمەد، شەماڵ عەبدولوەفا، محەمەد تۆفیق رەحیم.

پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان بە هەورازو نشێودا تێپەڕیوە بەڵام لە ئەیلولی ٢٠١٢دا هەردولا رێککەوتنێکی سەرەتاییان لەگەڵ یەکتریدا بەدی هێنا کە ژینگەیەکی گونجاوی بۆ لێك نزیکبونەوە پێکهێنا. لەئابی ٢٠١٥دا لە چوارچێوەی کۆبونەوە پێنج قۆڵییەکانداو لە ڕەوتی هەوڵداندا بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ کاراکردنەوەی پرۆسەی سیاسی، لێك نزیکبونەوەی هەردولا زیاتر پەرەی سەند، بەتایبەتی کە هەردولا هاوڕا بون لەسەر ئەوەی کە سیستمی پەرلەمانی گونجاوترین سیستمە لەو قۆناغەدا بۆ کوردستان.

لە١٤ی نیسانی ٢٠١٦ هەردولا دەستیان بە پرۆسەیەکی وتوویژ کرد کە لە ١٧ی ئایاردا بە واژۆکردنی رێککەوتنێکی سیاسیی هەمەگیر

گەیشت. ڕێککەوتنەکە بناغەیەکی تۆکمەی بۆ لێك تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە دانا و ڕێی بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیی نێوانیان خۆش کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

* دەباشان (ڕاگەیەنراوی هاوبەش)

* ڕێککەوتننامەی سیاسیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان.

## گۆڕەدێم (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ و تیپی ٣١ی سلێمانی و هێزێکی سوپای عیراق لە نزیك گوندی گۆڕەدێم لە ناوچەی شارباژێڕ لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٨٥.

پلانی شەڕەکە لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشی مەفرەزەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ و تیپی ٣١ی سلێمانی لە گوندی هەرمن کە پێنج کیلۆ مەتر لە باشوری شاری چوارتاوە دورە، داڕێژراو ئامانجەکەی لێدانی هێزێکی سوپای عیراق بوو کە بەیانییان لە چوارتاوە بەرەو گوندی گۆڕەدێم بەڕێ دەکەوت و تۆپێکی ١٧٥ ملیمی لەسەر دوو پێچکە بە دوای ئیڤایەکی سەربازیدا بە دوای خۆیدا ڕادەکێشاو عەسرانیش بەرەو چوارتا دەگەڕایەوە.

شەو هێزی پێشمەرگە گەیشتە گوندی سامان کە کەوتۆتە سەر چەمی قەڵاچوالان و لەوێ ئەرك بەسەر دەستەکاندا دابەش کرا. بەپێی پلانی دانراو، دەستەیەکی سەرەکی بۆ لێدانی دوژمن دیاری کرا، تێیدا ئەوە لەبەرچاو گیرا بوو کە بەگیرهێنانی هێزەکەی دوژمن، دەشێ وا بکا هێز لە چوارتاوە بۆ فریاکەوتنی هێزە گیرخواردووەکە بنێردرێ. بۆیە وا دانرا کە بۆ ڕێگری کردن لە بەهاناوە هاتنی هێزی فریادڕەس و بەرگری کردن لە دەستەی هێرشبەری پێشمەرگە، لە دوو شوێن بۆسە دابندرێ: یەکێکیان لە ناو دەوەنە چڕەکانی نزیك گوندی خمانێ بۆ لێدانی هێزە جوڵە پێکراوەکانی دوژمن لە ڕۆژهەڵاتی چوارتاو ئەوی تر لە نزیك چوارتا بۆ بڕینی ئەو ڕێگایەی کە بەرەو گۆڕەدێم دەچێ. هەروەها دەستەیەکیش بۆ سەرقاڵ کردنی ڕەبیەی کەنەکە ڕەشانی پشت گوندی شێراوێژە بۆ دەستەبەرکردنی ڕێی کشانەوەی دەستە سەرەکییەکە تەرخان کرا.

لە هەر سێ شوێنی دیاریکراو سێ دەستەی پێشمەرگە خۆیان مات کرد. لە پلانەکەدا وا دانرا بوو هێزەکەی سوپای عیراق لە کاتی گەڕانەوەدا لێی بدرێ کە ئەمەش پێویستی بەوە بوو پێشمەرگەی بۆسەکان دەوروبەری ١٦ سەعات لە شوێنە دیاریکراوەکان خۆیان جێگیر بکەن.

دەوروبەری سەعات ١٦ دەستە سەرەکییەکە لە نزیك گوندی گۆڕەدێم لە هێزەکەی سوپای عیراقی داو بەگیری هێنا. لە دوو قۆڵەکەی تریش، فەرماندەیی عەسکەریی ناوچەکە هانای بردە بەر ناردنی هێزی فریادڕەس بە ناو چوارتادا بەڵام هێزی پێشمەرگە ڕێی بەهاناوە چونی هێزەکانی دوژمنی بڕی و دەستێکی کاریگەری لەو هێزانە وەشاند کە بە نیازی فریاکەوتنی هێزە گیرخواردووەکە بون. ئۆپەراسیۆنەکە ئەوەندە بە خێرایی هەڵسوڕا، فەرماندەیی عەسکەریی ناوچەکە نەپرژایە سەر ناردنی هێز لە قەڵاچوالانەوە.

لەو لاشەوە، لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگەدا، ئەو دەستەیەی کە بۆ سەرقاڵ کردنی ڕەبیەکەی کەنەکە ڕەشان دانرا بوو، ئەرکی خۆی بەجێ هێناو زۆر بە خەستی ڕەبیەکەی دایە بەر ئاگرو زیانی گەورەی پێ گەیاند.

هێزەکانی عیراق بە شێوەیەکی کوێرانە کەوتنە تۆپباران کردنی ناوچەکە، لە ئەنجامدا دوو هاوڵاتی بە ناوی حاجی شێخ ئەمین لە گوندی شێراوێژەو


مامە رەزا لە گوندی بناویلەی چوارتا شەهید بون.
ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە تۆڵە سەندنەوەی شەهیدبونی فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی عەلی چوارتایی بوو کە نزیکەی دوو هەفتە پێشتر، لە ٢٥ی ئایاردا، لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق لە پیری شەوکێڵ شەهید کرا بوو.
هێزی پێشمەرگە لەم ئۆپەراسیۆنەدا تەنها یەك بریندای بە ناوی هیوا عومەر قلیاسانی هەبوو، لە کاتێکدا هێزەکانی عیراق ١٨ سەربازیان لەدەستداو ٢٠ سەربازیان لێ بریندار بوو، سەرباری زیانی تێکشکانی ٣ ئوتومبیل و تۆپێکی ١٧٥ ملم. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە ٥ کلاشنکۆف و یەك رەشاشی ئار بی کەی بوو.

## گۆڕی شەڕکان (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنێکە بە سەرپەرشتیی کۆسرەت رەسول عەلی لێپرسراوی مەڵبەندی ٣و بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەك لە ١١ی شوباتی ١٩٨٧ لە گۆڕی شەڕکان لە چیای کۆڕەك بەڕێوە چووە. نەخشەی ئۆپەراسیونەکە لە کۆبونەوەیەك بە سەرپەرشتیی کۆسرەت رەسول عەلیو بەشداریی هەر یەك لە عەبدوڵڵا بۆرو رێبین محەمەد سۆفی کادیری رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لەگوندی توتمە دانرا و بڕیار درا دەست بەسەر بارەگای سریەی سەر گۆڕی شەڕکان و دوو رەبیەکەی دەوروبەریدا بگیرێت.
بەپێی ئەو بەرنامەیەی لەگوندی تاراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئۆپەراسیونەکە دانرا، بڕیار درا سەعات ٢,٣٠ سەعاتی سفر بێو هێرش لە سێ قۆڵەوە ئەنجام بدرێ، ئەویش بەمجۆرە: قۆڵی یەکەم بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر لەگەڵ ٢٢ پێشمەرگە بۆ گرتنی بارەگای سریەکە کە ٣ تانکی لێ بوو، قۆڵی دووەم بە فەرماندەیی عوزێر فەقیانیو قۆڵی سێیەم بە فەرماندەیی جەمال هەروتی کە هەردوکیان فەرماندەی کەرت بون لە تیپی ١٩ی کۆڕەك و هەر یەکێکیشیان ئەرکی گرتنی یەکێ لەدوو رەبیەکەی پێ سپێردرا بوو. هەروەها هێزێك بە فەرماندەیی مام قاسم بلەیی بۆ دانانی بۆسە لە نێوان گوندی شەڕکان و جۆڵەمێرگو لۆفەکانی سەرگۆڕان تەرخان کرا بۆ لێدانی هەر هێزێکی دوژمن کە بیەوێ فریای سریەکە بکەوێ.
لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر بارەگاکەدا گیراو هەر ٣ تانك تێك شکێنران. زۆربەی سەربازەکان رایان کرد، ٦ سەرباز کوژراو ١٣ بەدیل گیرا.
دەستکەوتی ئۆپەراسیۆنەکە ٢٠ پارچە چەك بوو. ئوتومبیل و رەبیەکان سوتێنران. ئۆپەراسیونەکە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، چونکە یەکەم جار بوو هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە ٣ تانك لە شەڕدا تێك بشکێنێ.
ئەم ئۆپەراسیۆنە بە هاوبەشی لە نێوان تیپی ١٩ی کۆڕەك و تیپی ١٢ی سۆران و مەفرەزەیەکی ١٢ کەسیی تیپی ٩٩ی بیتوێن و هەندێ پێشمەرگەی تاك و تەرا ئەنجام دراو شەهیدێکی بە ناوی عەبدوڵڵا شارستێنەیی و چوار بریندای لێ کەوتەوە.
کۆڕەك: چیایەکە بەکلیلی دەڤەرەکە دادەنرێ، لە لایەك دەڕوانێتە سەر رەواندزو لە لایەکی ترەوە دەڕوانێتە سەر خۆشناوەتی. لە ساڵی ١٩٧٤دا پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عێراق، سوپای عێراق لە چیای کۆڕەکەوە هێرشی کردە سەر هەردوو دیوی رەواندزو خۆشناوەتی. گرتنی بارەگای سریەکەی سەر گۆڕی شەڕکان ئاسان نەبوو، بەتایبەتی کە سوپا دیوی رەواندزی چیاکەی بەتەواوی مینڕێژ کردبوو. شەوێك پێش جێبەجێ کردنی

ئۆپەراسیونەکە، بەفرێکی یەکجار زۆر باری بوو، بۆیە هێزەکانی بارەگای سریەکە پێشبینیی ئەوەیان نەدەکرد پاش بەفربارینەکە دەمو دەست هێرشیان بکرێتە سەر. بۆ دابین کردنی ڕێی گەیشتن بەشوێنی بارەگای سریەو دوو ڕەبیەکەی، ڕێبین محەمەد سۆفی ١٦ شارەزای لە خەلیفان و گوندەکانی جۆڵەمێرگ‌و شەڕکان و کانی ڕەش و ڕماوێژ پەیدا کرد بوو کەهەر یەکێکیان لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکەدا ڕێ پیشاندەری گروپێکی پێشمەرگە بوون.

## گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی


گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی 50

ژمارە ٣
ساڵی چواردەهەم
تشرینی دووەمی
٢٠٠٦

لەم ژمارەیەدا:

دکتۆر جەزا تۆفیق تـالب: داهاتی نـاو لە هەرێمی کوردستانـدا(ل ٧ - ٣٢)* دکتۆر واحد عومەر محێدین: سیاسەتی حکومەتی بەعس سەبارەت بە مەسەلەی کورد لەساڵی١٩٦٣دا (ل٣٣ - ٧٢)* دکتۆر زەهرا نەوعیپەرست: تورکیاو یەکێتی ی ئەوروپا (ل ٧٣ - ١٠٩) * حەسەن عەجیل حسێن: بنچینەکانی نەخشەدانانی کۆمـەڵایـەتی-لێکۆڵینـەوەیـەکی تیۆریکی-پـراکتیکی سەبـارەت بـە نەخشەدانـانی کۆمەڵایەتی(ل١١٠ - ١٣٨).

فـایلی ژمـارە (ل ١٣٩ - ١٦٧)

*دکتۆر ئیبراهیم خەلیل عەللاف: دیدێکی مێژوویی‌و ستراتیجی بۆ داهاتی ئاوی دجلەو فـورات (ل ١٤٠ - ١٤٩)*ئۆلیڤەر کۆرتێن: دەربارەی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە(ل ١٥٠ - ١٥٧)*عەلیرزا خۆش سوخەن: کارکردی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵی مەدەنیدا( ل ١٥٨ - ١٦٧).

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
دەری دەکا

گۆڤارێکی وەرزییە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ دەری کردووە. سەرنوسەرەکەی فەرید ئەسەسەردە.

لە یەکەم سەروتاری گۆڤارەکەدا، لە هەوڵێکدا بۆ نمایش کردنی ئاراستە فیکرییەکانی گۆڤارەکە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە «سیاسەتی کورد لەبەر گەلێك هۆ سیاسەتێکی ناهاوسەنگ بووەو هیچ دیدێکی ڕونی بۆ مەسەلە ستراتیجی‌و تاکتیکییەکان نەبوە، لەبەر ئەوە (ئەم سیاسەتە) هەمیشە سیاسەتێك بووە زیاتر پشتی بە تەجریبییەت بەستووەو چاوەڕێی ڕەوت و ئەنجامی دەوروبەر بووە». سەروتارەکە لە درێژەی تێڕوانینە نمایشکراوەکانیدا چۆتە سەر ئەوەی کەگۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی «هەوڵ دەدا جێ بە ڕۆمانسیزمی سیاسی لێژ بکاو ڕمێن بۆ سیاسەتێك پەیدا بکا کە لەگەوهەری مەسەلەکان دەکۆڵێتەوە نەك لە توێکڵەکەی».

یەکەم ژمارە لە نیسانی ١٩٩٢ دەرچووە. گۆڤارەکە بە ٣ خولدا تێپەڕیوە. خولی یەکەم کەوتۆتە ماوەی نێوان ١٩٩٢-١٩٩٤و هەشت ژمارەی بەرایی ساڵی یەکەم و دووەمی گۆڤارەکە دەگرێتەوە. لەم خولەدا گۆڤارەکە لە لایەن مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرچووە. تا ژمارە ٣ گۆڤارەکە دەستەی نوسەرانی نەبوە بەڵام لە ژمارە ٣ بە دواوە کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ دەرچووە، دەستەی نوسەرانی بۆ دانراوەو ئەندامەکانی دەستەکە مەحمود ڕەزاو مستەفا برایم دەروێش بون. لە ژمارە ٥دا هەر یەك لەدکتۆر فازل قەفتان و دکتۆر کامەران ساڵەیی بونەتە ئەندامی دەستەی نوسەران.

هەموو ئەرکەکانی کاروباری هونەری لەم خولەدا لە ئەستۆی ڕەفعەت محەمەد یاسین دا بووە و لە ژمارە ٤ بەدواوە تەها زادە لە بەشی هونەریی گۆڤارەکە کاری کردووەو لەهەندێ ژمارەدا قاسم محەمەد مستەفا بە شێوەیەکی خۆبەخش کاری لەو بەشەدا کردووە. هەموو ژمارەکانی ئەم خولە لە هەولێر لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین چاپ کراون.

گۆڤارەکە بە قەبارەی ١٦,٥ بە ٢٣ سم دەرچووە.

ئەوانەی لەم خولەدا لێکۆڵینەوەیان لەگۆڤارەکەدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: مستەفا برایم دەروێش، فەرید ئەسەسەرد، مەحمود رەزا، سرود قادر، دکتۆر جاسم تۆفیق، حەمە رەشید، دکتۆر نەجدەت عەقراوی، سەباح پیربال، سەربەست کەرکوکی، دێدەوان محەمەد، رێبین ئەحمەد هەردی، دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دکتۆر سەلاحەددین عەبدولمەسیح، بەرزان فەرەج، دکتۆر فازل زەهاوی، دکتۆر کامەران ساڵەیی و دکتۆر بایەزید حەسەن.

لە ئابی ١٩٩٣دا ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەددین بڕیاریدا وەك گۆڤارێکی زانستی دان بەگۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیدا بنێ. لەپەراوێزی ئەم بڕیارەدا دەستەی نوسەران بەچاوی رێزو نەوازشەوە سەیری بڕیارەکەی ئەنجومەنی زانکۆی سەلاحەددینی کردو لە ژمارە ٧دا بەمجۆرە لەبڕیارەکە دواوە «ئەم بڕیارە... رەنگدانەوەی ئەو هەوڵەیە کە کۆڕو دەزگا زانستییەکان بۆ سازکردنی هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ بەرەو پێشەوە بردنی لێکۆڵینەوەی زانستی دەیدەن»و لەم سەروبەندەدا بەڵێنی دا کە «بۆ خزمەت کردنی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی رەنجێکی زۆرتر بدا».

خولی دووەمی گۆڤارەکە بەژمارە ٩ دەست پێ دەکا کە یەکەم ژمارەی ساڵی سێیەمی گۆڤارەکەیەو لە نیسانی ١٩٩٤ دەرچووە. لەم خولەدا گۆڤارەکە ٩ ژمارەی لێ دەرچووە کە دواترینیان ژمارە ١٧ یە کە لە نیسانی ١٩٩٦ دەرچووە. ژمارەکانی ئەم خولەش لە هەولێر لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین چاپ کراون.

لەم خولە بەدواوە گۆڤارەکە هیچ پەیوەندییەکی بە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە نەماوەو وەك گۆڤارێکی سەربەخۆ دەرچووە. هەروەها لەم خولە بەدواوە گۆڤارەکە خاوەنی ئیمتیازی بۆ دیاری کراوە کە مستەفا برایم دەروێشە. دەستەی نوسەران لە ژمارە ٩دا لە مەحمود رەزاو دکتۆر فازل قەفتان و دکتۆر کامەران ساڵەیی پێکهاتووە. لە ژمارە ١٦دا ناوی دکتۆر فازل قەفتان لە دەستەی نوسەران نەماوەو دکتۆر ئومێد نوری حەمە ئەمین چۆتە شوێنی.

لە ژمارە ١٣ بەدواوە گۆڤارەکە پاشبەندێکی داهێناوە کە زۆرتر بواری بەدواداچونی رۆشنبیریی گرتۆتەوەو دەستەی سەرپەرشتیاری لە عەبدوڵڵا قەرەداغی و ستران عەبدوڵڵا پێك هاتووە. ژمارەیەك توێژەرو نوسەر بابەتیان لە ناواخن و پاشبەندەکەدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دکتۆر فازل قەفتان، مستەفا برایم دەروێش، دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، عەبدولخالق عەبدوڵڵا، سەمەد بێتواتەیی، عەبدولواحید ئەحمەد، خالد بەکر ئەیوب، دکتۆر کاوس عەزیز فەرەج، دکتۆر ئەحمەد حەسەن چاوشین، دکتۆر محەمەد هەمەوەندی، کەمال رەشید شەریف، دکتۆر نەجدەت عەقراوی، مەحمود رەزا، دکتۆر مارف عومەر گوڵ، هیوا تاڵەبانی، ئەبوبەکر خۆشناو، عەبدوڵڵا قەرەداغی، ستران عەبدوڵڵا، خالد حەمەد ئەمین میرخان، دکتۆر محەمەد عەبدوڵڵا عومەر، ئازاد سدیق.

دیارترین روداوی ئەم خولە گۆڕینی ناوی گۆڤارەکەیە. لە سەرەتادا گۆڤارەکە بە ناوی «سیاسەتی دەولی» دەرچووەو بەم ناوە ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە. بەم پێیە گۆڤارەکە لەنیسانی ١٩٩٢وە تا کانونی دووەمی ١٩٩٥ بە ناوی «سیاسەتی دەولی» دەرچووە. لە ژمارە ١٣ بە دواوە کەیەکەم ژمارەی ساڵی چوارەمەو لە نیسانی ١٩٩٥

دەرچووە، گۆڤارەکە بە ناوی «گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی» دەرچووە. لەسەروتاری ژمارە ١٣دا دەستەی نوسەران هۆکانی گۆڕینی ناوی گۆڤارەکەی بەمجۆرە رون کردەوە کە «ناوی پێشوو روخسارێکی وای پێوە بووە گوایە گۆڤارەکە تەنیا بایەخ بە مەسەلە نێونەتەوەییەکان دەداو کاروباری ناوخۆ فەرامۆش دەکا، لە کاتێکدا ژمارەکانی سێ ساڵی رابردوو نیشانیان داوە کەگۆڤارەکەمان بایەخێکی تایبەت بەمەسەلە ناوخۆییەکان دەدا لەوانە کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، جیۆپۆلەتیکی کوردستان، کەمینەکان، ئابوری و هی تر». سەروتارەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە «لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە شێوەو ناوەڕۆك لەگەڵ یەکتریدا بگونجێن»و لە کۆتاییدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئامانج و مەبەستەکان گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووەو «ناوگۆڕین کاری بەسەر بەرنامەکەیەوە نیە».

لە ساڵی ١٩٩٦دا بە هۆی هەلومەرجی نالەباری شەڕی ناوخۆو گەلەکۆمەکێی رژێمی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گۆڤارەکە بە دۆخێکی نائاساییدا تێپەڕیو بارەگاری لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی گواستەوە. لە ئایاری ١٩٩٧دا پاش نزیکەی ساڵێك لە دەرچونی دوایین ژمارەی خولی دووەم لە هەولێر، ژمارە ١٨ی لە سلێمانی دەرچوو و بەم ژمارەیە خولی سێیەمی گۆڤارەکە دەست پێدەکا.

ژمارە ١٨ لەئایاری ١٩٩٧ لە سلێمانی دەرچووە. یەکەم دەستەی نوسەرانی ئەم خولە لەهەر یەك لە مەحمود رەزاو دکتۆر کامەران ساڵەیی و دکتۆر ئومێد نوری حەمە ئەمین و دکتۆر سەلاحەددین محەمەد حەفید پێك هاتووە. لە ژمارە ٢٠دا کە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٧ دەرچووە، عومەر فەتاح حسێن بۆتە خاوەنی ئیمتیازو لە هەمان ژمارەدا دکتۆر کامەران ساڵەیی ناوی لە دەستەی نوسەران نەماوە. لە ژمارە ٢١دا رەفیق ساڵح بۆ دەستەی نوسەران زیاد کراوەو لە ژمارە ٢٢دا ناوی مەحمود رەزا لە دەستەی نوسەران نەماوە. لە ژمارە ٢٥دا دکتۆر کەمال خەیات بۆتە ئەندامی دەستەی نوسەران. لە ژمارە ٢٧دا یوسف گۆران بۆتە بەڕێوەبەری نوسین و لە ژمارە ٣٤دا بۆتە جێگری سەرنوسەر. لە ژمارە ٣٦دا دکتۆر سەلاحەددین محەمەد حەفید ناوی لە دەستەی نوسەران نەماوە. لە ژمارە ٤٢دا پۆستی جێگری سەرنوسەر نەماوەو دکتۆر یوسف گۆران بۆتە ئەندامی دەستەی نوسەران.

لە ژمارە ٥٩دا ناوی دکتۆر کەمال خەیات لە دەستەی نوسەران نەماوە. لە ژمارە ٦١دا دکتۆر ئومێد نوری حەمە ئەمین لەدەستەی نوسەران نەماوەو دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی بۆتە ئەندامی دەستەی نوسەران. لە ژمارە ٧٩دا دکتۆر کارزان محەمەد بۆ دەستەی نوسەران زیاد کراوە.

بەشی تەکنیکیی گۆڤارەکە لەم خولەدا لە رەفعەت محەمەد یاسین و ئاسۆ سەعید پێك هاتووە.

لە ٢٩ی ئەیلولی ٢٠١٧دا بە بۆنەی تێپەڕبونی ٢٥ ساڵ بەسەر دەرچونی ژمارەی یەکەمدا، گۆڤارەکە ئاهەنگی یۆبیلی زیوینی لە ساڵۆنی کوردستانی نوێ گێڕا.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢ - ٢٠١٩دا، ٨٣ ژمارە لەم گۆڤارە دەرچووە کە هەمووی لە ٢٧ بەرگدا کۆکراوەتەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.

## گۆمەسپان (روداو)

روداوێکە لە ١٧ی شوباتی ١٩٧٩ لە نزیك گوندی گۆمەسپان هاتە ئاراوە، کاتێك مەفرەزەیەکی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر ئەفسەرێکی بە پلەی مولازم بە ناوی جاسم محەمەد مەحمود لەسەر رێگای هەولێر- کۆیە دەستگیر کرد.
لە تۆڵەی گرتنی ئەم ئەفسەرەدا، هێزەکانی سوپای عیراق هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچەی خۆشناوەتی و لەگوندەکانی نازەنین و سماقوڵیی سەروچاوەو کونە فلوسەو کەوەرتیان زیاتر لە دوو سەد هاووڵاتییان گرت. لە ناو هەولێریش دەزگا ئەمنییەکان کەوتنە گرتنی کەسوکاری پێشمەرگەو هەڕەشەیان کرد کە تا ئەفسەرەکە ئازاد نەکرێ، گیراوەکان ئازاد ناکەن.
پاش چەند رۆژێك هێزی پێشمەرگە ئەفسەرە دیلەکەی ئازاد کرد. سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عیراقیش گوندییەکان و کەسوکاری پێشمەرگەیان بەردا.

## گوندەژوور (شەڕ)

شەڕێکی هەشت سەعاتییە لە نێوان چەند مەفرەزەیەکی هەرێمی ٧و ٩ی هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لەگوندەژوور لە ناوچەی چۆمان لە ١٦ی ئابی ١٩٧٨. هێزەکانی سوپا بە نیاز بوون ئابلۆقەی چەند پێشمەرگەیەك بدەن کە تازە هاتبوونە ریزی شۆڕشەوە. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا ٤٠ سەربازو ٢ جاش کوژران.

## گوێزان (شەڕ)

پێکدادانێکە لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٧٨ لە ئاکامی هێرشی دەستەیەکی هەرێمی ٩ بۆ سەر سەنگەرێکی سوپای عیراق لە نێوان گوێزان و گوێزلینگ لە ناوچەی چۆمان. لە ئاکامدا چوار سەربازو یەك ئەفسەر کوژران و پێنج سەرباز بریندار کران.

## گەردەلولی تۆڵە (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵە. گەورەترین ئۆپەراسیۆنی هێزی پێشمەرگە پاش هێرشی هاوبەشی سوپای عیراق و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بۆ سەر هەولێر.
لە ٢٩ی ئابی ١٩٩٦ دوایین ئاگربڕ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێش هێرشی هاوبەشی سوپای عیراق و هێزەکانی پارتی بۆ سەر هەولێر، بەسترا.
یەك رۆژ پاش بەستنی رێککەوتنی ئاگربڕەکە هێزەکانی عیراق پەلاماری کەڵەکی یاسین ئاغایان دا لە رۆژئاوای هەولێر و گرتیان. لە ٣١ی ئابدا هێزەکانی عیراق سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان لە قۆڵی قوشتەپە بە خەستی تۆپباران کردو پاشان هێرشێکی بەربڵاویان بە تانك و زرێپۆش دەست پێکرد. لەشکری سەگرمە بە فەرماندەیی ئەنوەر دۆلانی بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوە. شەڕێکی قورس لەم قۆڵە رویدا.
لە قۆڵی سێبیران شەڕێکی دەستەویەخە لە نێوان هێزەکانی عیراق و هێزی پێشمەرگە رویدا. هاوکات هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەقۆڵەکانی کانی قرژاڵە و مەسیف و عەنکاوە هێرشیان کرد. هێزی پێشمەرگە لە هەرسێ قۆڵ بەرپەرچی هێرشەکانی دایەوە و هەمووی تێك شکاند.
هێزەکانی عیراق لە قوشتەپە زاڵ بوون و لەوێوە بەرەو دارەتوو و پاشان بەرەو بنەسڵاوە چوون و لە دەوروبەری

کەسنەزان لەگەڵ هێزەکانی پارتیدا یەکیان گرتەوە. وردە وردە شەڕی دەستەویەخە کەوتە ناو هەولێر. شەو بەشێکی هێزەکانی یەکێتی بە سەرکردایەتیی کۆسرەت رەسول عەلی بە ڕێگەی بنەسڵاوەدا بەرەو بێستانە - چەمرگە بەناو بۆسەکانی هێزەکانی عیراقو پارتیدا بەدەم وردە شەڕەوە دەرباز بوونو لە بەرزاییەکانی چەمرگە - بەستی شەرغە دامەزران.

بەشێکی تری هێزەکان بە سەرکردایەتیی ئەنوەر دۆڵانی پاش شەڕێکی سەخت لەگەڵ هێزەکانی عیراق، لە ڕێگەی دەشتی تەقتەقەوە بەرەو چەمچەماڵو لەوێوە بەرەو دۆڵی قەرەداغ چون.

لەو هەلومەرجەدا لە ٧ی ئەیلولدا تاڵەبانی لەگوندی کانی وەتمانی سەر ڕێگای رانیە — دوکان لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا کۆبۆوەو لەو کۆبونەوەدا بڕیاری کشانەوە بۆ سەر سنور درا.

هێرشی هاوبەشی هێزەکانی پارتیو رژێمی عیراق یەکێتیی ناچارکرد بڕیاری کشانەوەیەکی تاکتیکی بدا، بەتایبەتی کە بەرپرسانی پارتی لە لێدوانەکانیان جەختیان دەکردە سەر قۆناغی دووەمی هاوکاریی نێوان پارتیو رژێمی عیراق بۆ گرتنی ناوچەکانی تری کوردستان. کشانەوەی تاکتیکیی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر سنور، ئەندازەی دەستێوەردانی سوپای عیراقی کەم کردەوەو قەوارەی هێزەکانی یەکێتیی پاراست.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەکانی سەر سنور دەستی بە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان ستراتیجی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە داڕشتبوو کە براوەی جەنگەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆتایی هاتووە. بۆچونی زاڵ لە ناو سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوە بوو کە یەکێتیی نیشتمانی زەویی لەدەستداوە بەڵام هێشتا توانای سەندنەوەی زەویی ماوە. تاکتیکی کشانەوەی خێرا بۆ سەر سنور، قەوارەی هێزەکانی پاراست و دەرفەتی خۆ ڕێکخستنەوەی پێ دان.

سەرکەوتنی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دوراییەکی ستراتیجیی نەبوو، ئەویش لەبەر دوو هۆ. یەکەم، هێزەکانی پارتی لە هەولێر بە پشتیوانی و دەستێوەردانی راستەوخۆی بەغدا، توانی بویان ئامانجە عەسکەرییەکانیان بەدی بێنن ، بەڵام بە بێ پشتگیریی هێزەکانی عیراق توانای خۆڕاگرتنیان نەبوو. دووەم، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەندە هێزی نەبوو کە بتوانێ قەڵەمڕەوێکی پانوپۆڕو بەربڵاو کۆنترۆڵ بکات. بۆیە لە ناوەندە سیاسییەکاندا متمانەیەکی زۆر بە بەردەوامبونی سەرکەوتنە خێراکەی پارتی دیموکرات نەبوو. بە دیاریکراوی، ئێران و تورکیا و ئیسرائیل پێیان وابوو شکستەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شکستێکی کاتییەو زۆر نابا یەکێتی پێگەی خۆی بەدەست دێنێتەوە. لە تورکیا رۆژنامەنوسی گەورەی تورك محەمەد عەلی بیراند لە وتارێکیدا وتی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەر جەزرەبە نەکەوتون و تاڵەبانی بە کشانەوەی خێرای بۆ سەر سنور توانیویەتی سەرلەبەری هێزەکانی بپارێزێ. هەر لەو وتارەدا پێشبینیی «گەڕانەوە»ی یەکێتیی کردبوو. ئەمە رای حکومەتی تورکیاش بوو. لە ٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ دا کاربەدەستێکی پایە بەرزی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە دیدارێکدا لەگەڵ شازاد سایب بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنکەرەو عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، راسپێردرابوو لەوە دڵنیایان بکاتەوە کە حکومەتەکەی هەڵوێستی بەرامبەر بە یەکێتیی نیشتمانی نەگۆڕاوە. ئیسرائیلییەکان بۆچونێکی وردتریان هەبوو، پێیان وابوو بڕیاری تاڵەبانی سەبارەت بە کێشانەوەی هێزەکانی بۆ ناو خاکی ئێران لە تاکتیکەکانی رابەری گەورەی چین ماو تسی تۆنگ دەچێ کە لە کاتی هێرشی

سەختی دوژمندا بڵاوەی بە هێزەکانی دەکرد و لە دەرفەتی گونجاودا هێزەکانی کۆ دەکردەوەو گورزی کاریگەری لە دوژمــن دەوەشــاند. ئیسرائیلییەکان شکستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بە کاتی دادەنا. بەپێچەوانەی ئەم لایەنانەوە، بارزانی و سەددام حسێن و ئەمریکییەکان باوەڕی تەواویان بەوە هەبوو کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆتایی هاتووەو مەحاڵە جارێکی تر هەڵسێتەوە.

لـەو دۆخـە ئـاڵـۆزەدا لـە ٢٠ ی ئـەیـلولدا لە کۆبونەوەیەکی فراواندا لە زەڵێ بە سەرپەرشتیی تاڵەبـانـی و ئـامـادەبـونـی ئـەنـدامـانـی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەندامانی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە، نەخشەی ئۆپەراسیۆنی «گەردەلولی تۆڵە» بۆ گرتنەوەی ناوچەکان دانرا.

بەپێی نەخشەکە، قۆڵەکان و فەرماندەکان بەمجۆرە دیاری کران:

-- قـۆڵـی چـۆمـان — مـاوەت — سلێمانی بە کۆسرەت رەسول عەلی سپێردرا.

-- قـۆڵـی پێنجوێن — شـــارەزور — هەڵەبجە بەفەرەیدون عەبدولقادر سپێردرا.

-- قۆڵی بەمۆ — دەربەندیخان — سلێمانی بە جەبار فەرمان سپێردرا.

-- قۆڵی مەرگە — سورداش — دوکان بە مستەفا سەید قادر سپێردرا.

-- قۆڵی بناری قەندیل — قەڵادزێ — رانیە بە خەلیل نیعمەت دۆسکی سپێردرا.

لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦، پاش ٤١ رۆژ لە گرتنی هەولێر، هێزی پێشمەرگە لە هەموو قۆڵەکان دەستی بە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیونی گەردەلولی تۆڵە کرد. پاش گرتنی قەڵەمڕەوێکی فراوان و دەرپەڕاندنی هێزەکانی پارتی، هێزەکان لەقەڵاچوالان و پێنجوێن و دەربەندیخانەوە رویان کردە سلێمانی.

لـەگـەڵ نـزیـکـبـونـەوەی هـێـزەکـان لـە سلێمانی، هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شپرزەیی سلێمانییان بەجێ هێشت، بەشێکیان بەخێرایی بەرەو هەولێر گەڕانەوە، بەشێکی دیکەیان بەرەو دۆڵی دوکان پاشەکشەیان کرد و بەشێکیش بەرەو چەمچەماڵ. هێزەکانی پارتی لە چەمچەماڵ، پاش ئەوەی هێزەکانی کفری‌و کەلار لە چەمچەماڵ لەگەڵیان یەکیان گرتەوە، بە ڕەزامەندیی حکومەتی عیراق رێیان پێ درا بە بازگەی بان مەقاندا تێپەڕن، بچنە ناو کەرکوك و لەوێوە بچن بۆ هەولێر.

زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لە ٣١ی ئابدا لە ژێر دەستی هێزەکانی یەکێتیدا بون، دەستیان بەسەردا گیرایەوە و ئامادەکاری بۆ هەڵکشانە سەر هەولێر کرا بەڵام لەو کاتەدا حکومەتی عیراق لەهەندێ کەناڵەوە پەیامی بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی نارد کە ئەگەر پێشڕەویی هێزەکان رانەگیرێ، سوپای عیراق لە دژی هێزەکانی یەکێتی دەست بەجموجوڵ دەکا. لە هەلومەرجی ئەو کاتەدا، ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو ئەوە دەچوو کەهێزەکانی یەکێتی دەتوانن بگەنە سەر زێی بادینان و لەم چوارچێوەیەدا گرتنەوەی هەولێر کارێکی زەحمەت نەبوو. بەڵام ئەگەر سوپای عیراق دەستی تێ وەردایە، هاوکێشەکە بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕانی بەسەردا دەهات.

سەرکردایەتیی یەکێتی پاش تاوتوێ کردنی پەیامەکەی حکومەتی عیراق کە هەڕەشەی دەستێوەردانێکی سوپایی کاریگەری لێ بەدی دەکرا، بە باشی زانی پێشڕەوی کردنی هێزی پێشمەرگە راگرێ. بەمجۆرە، هێڵەکانی کۆیە — پیرەر، کاموسەك — هیران، بالیسان — توتمەو دۆڵی شەهیدان — وەرتێ بونە سنوری نێوان هەردوو ناوچەی سەوزو زەردو لەم سەروبەندەدا هەولێرو رەواندزو هیران لە دەرەوەی ناوچەی سەوز مانەوە.

شان بەشانی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و پارتی پارێزگاران و بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان بەشدارییەکی کارایان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کرد.

راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ژاوەژاوێکی پرۆپاگەندەیی چڕی بەرپا کرد کە گوایە هێزی پاسدارانی ئێران پشتگیریی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکاو لە زۆر شوێندا بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشداریی لە شەڕەکەدا کردووە. لەم رووەوە عارف تەیفور ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ١٥ ی تشرینی یەکەمدا بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاند کە دوو هەزار ئوتومبیلی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران پاش پشتیوانی کردن لە هێزەکانی تاڵەبانی، کشاونەتەوە بۆ چوارتا. بەڵام میدیاکان و بەرپرسەکانی رۆژئاوا ئەو هەواڵانەیان بە درۆ خستەوەو نیشانیان دا کە هیچ بەڵگەیەك لەسەر دەستێوەردانی راستەوخۆی ئێران نیە و هێزی پاسدارانیش رۆڵێکی ئەوتۆی لە ململانێکەدا نەبوە.

وەزیری بەرگریی ئەمریکا ولیام پێری وتی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستی دان بەشی ئەوە ناکەن بڕیار لەسەر بونی هێزەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان بدات. لە ١٥ ی تشرینی یەکەمدا وتەبێژی پەنتاگۆن (وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا) کینیس بایکۆن وتی هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کە سەربازی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان هەیە.  لە ١٦ ی تشرینی یەکەمدا وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا رایگەیاند کە بریتانیا هیچ بەڵگەیەکی وای بەدەستەوە نیە کە ئێران یارمەتیی تاڵەبانیی داوە، لەم سەروبەندەشدا وتی ئەگەر هاوکاری و هەماهەنگیش لەم بارەیەوە هەبوو بێ، دیارە ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە سنوری لۆجستیکیی تێنەپەڕاندووە.

ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی تۆڵە هاوسەنگییەکی تازەی لە شەڕی ناوخۆدا لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هێنایە ئاراوەو ئەمریکاو بریتانیا و تورکیای هاندا بکەونە گەڕ بۆ بەدی هێنانی ئاشتی لە کوردستاندا. هەوڵەکان لە ٣١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ دا رێککەوتننامەی ئەنکەرەیان لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لێ کەوتەوە. بەڵام رێککەوتننامەکە نەیتوانی ئاشتی بەدی بێنێ، بۆیە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ دا گەڕێکی دیکەی شەڕ دەستی پێ کرد کە هێندەی تر دۆخی کوردستانی ئاڵۆزتر کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

- ئەنکەرە (رێککەوتننامە).

## گەردەلولی تۆڵە (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵە. ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی شەڕی ناوخۆیە هێزی پێشمەرگە لە شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ دەستی پێکردو توانی لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر قەڵەمڕەوێکی فراواندا بگرێ.

لە قۆڵی بالیسان - ئالانە هێزی پێشمەرگە کەپکی حەمەد ئاغاو کڵاو قاسم و شاخە سورو بەنی هەریرو زەرتکان و زینەتیرو گوندەکانی دۆڵی ئالانەی تا گوندی بناوێ و چیای ئیرۆن و گوندەکانی دەوروبەری گرت.

لە قۆڵی هیران - شەقلاوە رەبیەکانی زورکی هیران و سەر هیران و دارەبەن و گردی جاسوسان و گردی گەورەو کەپکی شیلانەو کەپکی حاجی ساڵح و ناولانك و کەپکی گەرۆتە و گردەکانی کونەکای

چیای سەفین گیران.

لە قۆڵی سماقوڵی، دۆڵی هەرمێ و سەری بنەباوێ و قۆپی سوسێ و دۆڵی بیرۆکە و ناودارۆکان بە هەر ٢٤ ڕەبیەو ٨ بارەگای هێزی گوندی سوسێ و بارەگای لیوای ٢٧و٢ بارەگای داری حەمەوە گیران.

لە قۆڵی دۆڵی خانەقاو وەرتێ‌و قەسرێ، شاخ ناسرو هەموو ڕەبیەکانی خانەل و ویلزێ‌و سۆرەبان و کۆلیتارو کۆلانە فاتان و زنجیرە چیای دێزیلەو زنجیرە چیای دڕەبی‌و چیای سەر باڵەك و هەموو گوندەکانی دۆڵی خانەقاو وەرتێ تا دەگاتە حافیزو قۆپ‌و شاخی سەری کێل و زینی ماویلیان و سەری ڕەولەو شاخی سورو کۆخان و ساکۆت و زینی گۆران و چیای مامەڕوت و شارۆچکەی قەسرێ گیران.

لە هەندێ قۆڵدا بەشێك لە هێزەکانی یەکەکە بەشدارییان لە هێرشەکاندا کرد. ئەمەش بۆچوونێکی وای لە لای تورکیا دروست کرد کە دەشێ هەر گۆڕانێکی تەرازوی هێز لە هەرێم بە قازانجی یەکەکەدا بشکێتەوە، بۆیە لە ١٣ی تشرینی یەکەمدا سەرکردایەتیی سیاسیی تورکیا بڕیاریدا هێز بخاتە گەڕ بۆ ڕێگرتن لە هەر سەرکەوتنێك کە دەشێ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدەستی بێنن. هەر ئەو ڕۆژە تورکیا یەکەم دەستێوەردانی سوپایی دەست پێکرد، کاتێك فڕۆکە جەنگییەکانی بۆ ماوەی ١٥ خولەك گردەزۆزیان لە قۆڵی دۆڵی خانەقا بۆردومان کرد.

لە ١٤ی تشرینی یەکەمدا هێزەکانی یەکێتی لە قۆڵی بالیسان - ئالانە، پێشڕەوییان کردو لە شارۆچکەی خەلیفان نزیك بونەوە. لە قۆڵی چۆمان - حاجی ئۆمەران، ڕێگای گشتیی گەلاڵە - چۆمان کۆنترۆڵ کراو هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان حاجی ئۆمەران و چۆمان و ناوپردانیان بەجێ هێشت و بەرەو ڕایات کشانەوە.

لە قۆڵی هیران - شەقڵاوە پێشمەرگەکانی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان دەستیان بەسەر کەپکە قەل و داناسی چیای سەفیندا گرت و بەهۆی ئەمەوە تەنها ٤ کیلۆمەتر مابوو بگەن بە شەقڵاوە.

لە قۆڵی هەریر - شەقڵاوە، هێزی پێشمەرگەی فەرماندەیی کەرکوك ڕەبیەکانی چیای شەکرۆکی پاك کردەوەو ڕێگای نێوان هەریر - شەقڵاوەی کۆنترۆڵ کرد. هەر ئەو ڕۆژە فڕۆکەکانی تورکیا ئالانەو دۆڵی بالیسان و چیای بەنی هەریریان بۆردومان کرد.

لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی باڵەکایەتی پێشڕەویی کردو ڕۆژی دواتریش پێشڕەوییەکە هەر بەردەوام بوو. لەم سەروبەندەدا فڕۆکەکانی تورکیا بەشێکی فراوانی شەڕگەکانیان بۆردومان کرد لەوانە چیای مامەڕوت و ڕەژوکەریان و سەری مامەڕوت و دوڕیانی دەرگەڵە، لە ئاکامدا ٣ پێشمەرگە شەهید بوونو ٤ی تریش بریندار بوون.

لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا پێشمەرگەکانی یەکێتی‌و حزبی سۆسیالیست لە قۆڵی سماقوڵی هێرشێکی هێزەکانی پارتییان تێکشکاند. هەر ئەو ڕۆژە هێزەکانی تورکیا سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان لەشەکرۆك و شێخ مەمودیان و قۆڵی بالیسان - ئالانە بۆ ماوەی یەك سەعات بۆردومان کرد. شەو هێزەکانی پارتی بە پشتیوانیی تۆپخانەی تورکیا هێرشیان کردە سەر چیای شەکرۆك و شێخ مەمودیان بەڵام هێرشەکە بە ناکامی مایەوە و هیچ ئەنجامێکی وەدەست نەهێنا.

لە ١٧ی تشرینی یەکەمدا هێزەکانی پارتی لە قۆڵی باڵەکایەتی بەرەو ڕەواندز کشانەوە. هێزەکانی یەکێتی بە تەواوی دەستیان بەسەر ناوچەکانی باڵەکیان و ڕۆستدا گرت و خۆیان بۆ هێرش کردنە سەر شارۆچکەی سیدەکان ئامادە کرد. هەمان ڕۆژ هێزەکانی پارتی لە قۆڵی تەقتەق هێرشیان کردە

سەر گوندی بانی مارانو شاخە پیسکە لە ناوچەی بەستی شەرغەو هەروەها هێرشیان کردە سەر گوندی نێرەگین، بەڵام هەردوو هێرشەکە تێك شکێنران. هەر ئەو رۆژە یەکێتیو پارتی لە ژێر گوشاری ئەمریکاو بریتانیا شەڕەکەیان راگرت. بەڵام پارتی رایگەیاند کە تەنها بۆ ماوەی ٧٢ سەعات شەڕ رادەگرێ.

لە ٢١ی تشرینی یەکەمدا هێزەکانی پارتی لە قۆڵی هیران ـ شەقڵاوە لە سەعات ٢,٣٠دا هێرشیان کردە سەر هێزەکانی یەکێتی بەڵام هێرشەکە تێك شکێنراو هیچ ئامانجێکی نەهاتە دی. لەسەر ئاستی دپلۆماسی، پاش زیادبونی دەستێوەردانی تورکیا، یەکێتی یاداشتێکی بۆ کوفی ئەنانی سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد تێیدا سەرزەنشتی دەستێوەردانی تورکیای کردو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو دەستێوەردانە بۆتە هۆی کوژرانی ٨ هاووڵاتیو بریندازبونی٢٦ کەسی ترو کوژرانی ١٢ پێشمەرگەو بریندارونی ٢٨ پێشمەرگەی تر. هەر ئەو رۆژە هێزەکانی پارتی دوو هێرشی تریان کرد، یەکێکیان لەسەعات ٩دا بۆ سەر چیای سەفینو ئەوی تر لە سەعات ١٢دا بۆ سەر گوندی دەرگەڵە. هەردوو هێرش تێك شکێنران.

لە ٢٣ی تشرینی یەکەمدا فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەند جارێك و هەر جارەی بە ٤ فڕۆکە قۆڵی رانیە ـ چۆمان و قۆڵی هیران ـ شەقڵاوەو بەرەی بەنی هەریرو کەپکی حەمەد ئاغاو سەری حەمە عەباس و مەتەریزانیان بۆردومان کرد.

لە ٢٤ی تشرینی یەکەمدا فڕۆکەکانی تورکیا قۆڵی هیران ـ شەقڵاوەو قۆڵی باڵەك و قۆڵی بالیسانیان بە سەختی بۆردومان کرد. رۆژی دواتر، بەهەمان شێوە سەری رۆڵەو زینی ماویلیان و کۆسپی چەورێو چیای بەنی هەریرو کەپکی حەمەد ئاغاو چەند شوێنێکی تریان بە خەستی بۆردومان کرد.

لە ٢٦ی تشرینی یەکەمدا هێزەکانی پارتی بە پاڵپشتی فڕۆکەو تۆپخانەکانی تورکیا دوو هێرشیان کردە سەر چیای گۆشینە. لە ناوچەی باڵەکایەتیش هێرشیان کردە سەر دەرگەڵەو پردی حافیزو چیای رەشکل. هەردوو هێرش بەرپەرچ درانەوە. پاش نیوەڕۆ فڕۆکەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر سورکی سوسێو چیای بنەباوێو کڵاوی قەسرێو سەری مەیدان و داری چۆخیو شاخە سورو زەردەکانی نزیك کڵاو قاسم.

ئەو شەوە، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی شارەزورو پێشمەرگەکانی قۆڵی بالیسان دەستیان بەسەر هەردوو گوندی سیساواو باویاندا گرت و پێشمەرگەکانی فەرماندەیی هەولێر لە نێوان دێگەڵە و کانی دەربەند لە هێزەکانی پارتییان دا.

لە ٢٨ی تشرینی یەکەمدا فڕۆکەکانی تورکیا سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان لەشاخە سورو زەرتکان بۆردومان کرد. لە ٢٩ی مانگدا فڕۆکەکانی تورکیا دۆڵی سماقوڵیی گرتك و سماقوڵیی گەلیو چیای سەفینو گوندی ئاقوبان و چیای گوشینەیان بۆردومان کرد.

لە ٣٠ی مانگدا هێزەکانی پارتی ٣ هێرشیان کردە سەر چیای گوربە شیلانە لە زنجیرە چیاکانی بەنی هەریرو هەر سێ هێرش تێك شکێنران. فڕۆکەکانی تورکیاش بەرزاییەکانی چەقەڵی سپیو چیای بەنی هەریریان بۆردومان کرد.

لە یەکی تشرینی دووەمدا هێزەکانی فەرماندەیی گەرمیان و دۆڵی سماقوڵیو شارەزور لە چیای بنەباوێ، دەستیان بەسەر ١٢ رەبیەدا گرت. لە ٣ی مانگدا، سەعات ١٩,٤٠، هێزی پێشمەرگە زینی ماویلیان و قۆپی چەورێو بناری چیای هەندرێن و زنجیرە چیاکانی تاوەرو زنجیرە چیاکانی رۆڵەی پاك کردەوەو بەم پێیە هەموو دۆڵی ئاکۆیان و چەند

گوندێك كۆنترۆڵ كران.

له ٤ی مانگدا لەقۆڵی باڵەكایەتی، هێزەكانی پارتی سێ هێرشیان بە پاڵپشتی تۆپخانەی توركیا كردو هەرسێكی تێكشكا. پاش نیوەشەویش هێرشی چوارەمیان دەست پێكردو ئەویش تێك شكا. شەو تا بەیانی تۆپخانەی توركیا بەنی هەریرو دۆڵی هیرانی تۆپباران كرد.

له ٥ی مانگدا هێزی پێشمەرگە هەموو هێرشەكانی هێزەكانی پارتیی لە ناوچەی باڵەكایەتی تێكشكاند. رۆژی دواتریش شەڕ هەر بەردەوام بوو.

له ٨ی مانگدا، هێزی كۆماندۆی توركیا بە پشتگیریی تانك و تۆپخانەو فڕۆكەی جەنگیی ئێف ١٥و ئێف ١٦و هێزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان هێرشێكی بەربڵاویان كردە سەر هێزەكانی یەكێتی لە بەرەكانی دۆڵی بالیسان، بەنی هەریر، شەقڵاوە ـ هیران، گۆمەسپان.

هێرشەكان تەنها لەقۆڵی دێگەڵە بەرەو كۆیەو قۆڵی بەنی هەریرو دەربەندی گۆمەسپان توانییان پێشڕەوی بكەن. لە بەرەكانی تردا هەموو هێرشەكان تێك شكێنران. لە قۆڵی شەقڵاوە ـ هیران، هێزەكانی توركیا بە پاڵپشتی ١٨ تانك و چەند زرێپۆشێك و تۆپخانەی قورس و هێرشی ئاسمانی، نەختێك پێشڕەوییان كرد بەڵام هێزەكانی یەكێتی هێرشی چەواشەیان دەست پێ كردو ناچاریان كردن بەرەو ئاقوبان بكشێنەوە. لە قۆڵی سیدەكان، شارۆچكەی سیدەكان لەبن دەستی هێزەكانی پارتی دەرهێنراو دەست بەسەر چیای حەسەن بەگیشدا گیرا.

له ٩ی مانگدا فڕۆكەو تۆپخانەی توركیا چیای سەفین و دۆڵی هیرانیان بۆردومان كردو هێزەكانی كۆماندۆی تورك و هێزەكانی پارتی بە پاڵپشتی دەیان تانك دەستیان بە هێرش كردنە سەر هێزەكانی یەكێتی كردو نەختێك پێشڕەوییان كرد.

هەمان رۆژ، پاش بۆردومانێكی خەست بە فڕۆكەو تۆپ، هێزەكانی پارتی لە چوار قۆڵەوە هێرشیان كردە سەر هێزەكانی یەكێتی لە چیای هەندرێن و ماویلیان و زنجیرە چیاكانی پشتی ماویلیان و چیای تاوەرو هەموو هێرشەكان تێك شكێنران. هەروەها هێرشەكانی سەر قۆڵی دێگەڵە ـ كۆیەش تێك شكێنران. لە هەمان كاتدا فڕۆكەكانی توركیا هێزەكانی یەكێتییان لەگوشینەو چیای سەفین بۆردومان كرد. زیاد بوونی گوشار لەسەر هێزەكانی یەكێتیو چڕیی هێزی ئاگر، ناچاری كردن لە چیای سەفین و دۆڵی هیران بكشێنەوە.

رۆژی پاشتر، شەڕ لە هەموو بەرەكان بەردەوام بوو. هێزەكانی یەكێتی لەهەندێك شوێن كشانەوە. لە ١٦ی مانگدا كۆماندۆی توركیاو هێزەكانی پارتی بە پاڵپشتی فڕۆكەو تانك و تۆپخانە هێرشیان كردە سەر زنجیرە چیاكانی گوشینە و زینی ماویلیانو زنجیرە چیاكانی رۆڵەو بناری هەندرێن. هێزەكانی یەكێتی هەموو هێرشەكانیان تێك شكاندو لەقۆڵی وەرتێ ـ دۆڵی خانەقا دوو تانكیان وێران كرد.

یەكێتی لەڕێگەی ئەم ئۆپەراسیۆنەوە دەیویست دیفاكتۆیەكی تازە لە هەرێم بسەپێنێ بەڵام رێدانی بە بەشداربونی بەشێكی هێزەكانی پەكەكە لە ئۆپەراسیۆنەكەدا، توركیای وروژاندو هانی دا گەورەترین دەستێوەردانی سوپایی لە هەرێم، لە دژی یەكێتی بەڕێوە ببا، چونكە پێی وابوو گۆڕانی تەرازوی هێز بە قازانجی یەكێتی، خزمەتی بەرژەوەندییەكانی ناكا. ئەمریكاو بریتانیاش دژی ئۆپەراسیۆنەكە وەستانەوەو تەگەرەیان لە دەستێوەردانی توركیا نەدا. لەم سەروبەندەدا ئەمریكاو بریتانیاو توركیا گوشاریان خستە سەر یەكێتی بۆ كێشانەوەی هێزەكانیو گەڕانەوەی بۆ سەر سنوری پێش هەڵایسانی شەڕەكە.

لە ١٧ی مانگدا هێزەکانی تورکیاو پارتی بە پاڵپشتی فڕۆکەو تۆپخانە و تانكو چەند تیمێکی کۆماندۆی کۆنترا گەریلا هێرشی بەربلاویان کردە سەر چیاکانی کێلی دەرگەلەو دڕەبیو دێزیلە لەقۆلی وەرتێ - دۆلی خانەقاو قۆلی باڵەکایەتیو لەم هێرشەدا فڕۆکەکان بۆمبی هێشوییان بەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەو گوندەکاندا هەڵڕشت. پاش زیادبونی گوشار لەسەر هێزەکانی یەکێتی، ئەو هێزانە لەچۆمانو قەسرێو حاجی ئۆمەران کشانەوە.

لە ١٩ی مانگدا هێزەکانی تورکیا بە پاڵپشتی فڕۆکەو تانك و تۆپخانە، هێرشیان کردە سەر جادەی پردەشاڵێو گرد بەرازو کەڵکی باڵەیان و لەدوای ئەوانیش هێزەکانی پارتی چەند هێرشێکیان کرد.

شەڕ پاش کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی بۆ پشت هێڵی ئاگربڕ، راوەستا. هۆی سەرەکیی کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی، دەستێوەردانی خەستی هێزەکانی تورکیا بوو کە بووە هۆی گۆڕینی تەرازوی هێز بە قازانجی هێزەکانی پارتی.

ئەم ئۆپەراسیۆنە کە لە ئەدەبیاتی یەکێتیدا بە گەردەلولی تۆڵە ناسراوە، لە لایەن تیمێکەوە بەڕێوە براوە کە ئەندامەکانی لە کۆسرەت رەسول عەلی، جەبار فەرمان، عومەر فەتاح و عومەر عەبدوڵلا پێکدێن.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا یەکێتی کۆمەڵێك کادیری پێشمەرگەیی دیاری لەدەستدا لەوانە تەحسین کاوانی، جەوهەر لەتیف محەمەد ناسراو بە سەید جەوهەر، حسێن محەمەد بەرزنجی، بەکر عەلی قادر، فازل شیرەمەڕی، کانەبی جەوهەر رەشید، هیوا محمود عەبدوڵلا، غەفار ساڵح.

پاش شەڕەکە، ئەمریکییەکان چونە سەر ئەو باوەڕەی کە بەبێ دابین کردنی ئاشتییەکی سەقامگیر لە نێوان یەکێتیو پارتیدا، هیچ شتێك گەرەنتیی پەرەسەندنی گرژیو سەرهەڵدانەوەی شەڕ ناکا. هەڵایسانی شەڕەکە دەری خست کە دابەشکردنی هەرێم بەسەر دو ناوچەی سەوزو زەرداو بونی هێزی ئاشتی پارێز لەسەر سنوری هەردو ناوچەدا بەس نیە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی. بۆیە هەر دوا بەدوای شەڕەکە، دپلۆماسیەتی ئەمریکا کەوتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتیو پارتیو لەبەرەنجامی کۆتاییدا دپلۆماسیەتەکە لە ساڵی ١٩٩٨دا گەیشت بە واژۆکردنی رێککەوتنی ئاشتیی واشنتن بە سپۆنسەریی ئەمریکا.

## گەرمیان (تیپ)

تیپی ٥١ی گەرمیان. یەکێ لەتیپە هەرە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە. پێشتر بەشێکی هەرێمی ٥ی قەرەداغی پێك هێناوە. لە ساڵی ١٩٨٢دا دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بەسیستمی تیپەکان، سێ تیپ لەپێنج کەرتەکەی هەرێمەکە پێك هێنراو لەم روەوە لە هەردوو کەرتی ٣ی کفریو ٥ی دوز تیپی ٥١ی گەرمیان پێك هات.

سنوری ساڵی ١٩٨٢ی تیپەکە لە سنوری ساڵانی دواتر فراوانترە چونکە بەهۆی ئەوەی کە تیپەکە تیپی دیکەی لێ دروست کراوە، سنوری تەنگەبەر بۆتەوە. سنوری کۆتایی تیپەکە قەڵەمڕەوێکی فراوانی ناوچەی گەرمیانی گرتۆتەوە کە بریتی بووە لە شاخی زەردە، سەنگاو، قادر کەرەم، دوزخورماتوو و بەشێکی سنوری قەزای کفری.

ساڵی ١٩٨٨ بارەگای تیپ لە گوندی بانی مۆرد بوو لە سنوری ناوچەی سەنگاو.

تیپەکە سێ فەرماندەی بەخۆیەوە دیوە. یەکەم فەرماندەی، سامان گەرمیانییە کەساڵی ١٩٨٢ فەرماندەیی تیپەکەی گرتۆتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٣

عـادل شوکر ئەحمەد فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٤ لەسۆنگەی زۆریی ژمارەی پێشمەرگەو کەرتەکانی تیپەکەوە بڕیار درا لەچەند کەرتێکی تیپەکە، تیپێکی دیکە بە ناوی تیپی ٥٣ی شێروانەوە پێك بهێنرێ. هەروەها بڕیار درا عادل شوکر ئەحمەد ببێ بە فەرماندەی تیپە تازەکە. بۆیە مەحمود سەنگاوی کەفەرماندەی تیپی ١٥ی هەورامان بوو، بە پلەی سەرتیپ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان. ساڵی ١٩٨٦ بڕیار درا جەمال بەهادین محێدین جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان لێپرسراوەتیی تیپەکە بگرێتە ئەستۆ. بەڵام شەهیدبونی لە شەڕەکانی قەیوان-ماوەت، هیچ دەرفەتێکی بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە نەهێشتەوە. لەپایزی هەمان ساڵدا مەحمود سەنگاوی گوێزرایەوە بۆ بازیان و لێپرسراوەتیی تیپی ٥٧ی سەگرمەی پێ سپێردراو حەمە رەش کەسنەزانی جێگری فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە گوێزرایەوە بۆ گەرمیان و لێپرسراوەتیی تیپی ٥١ی گەرمیانی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٨٧دا لە بەشێکی سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان و بەشێکی سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمە تیپێکی تازە بە ناوی تیپی ٥٩ی حەمرینەوە پێك هێنرا. لە ساڵی ١٩٨٨دا عادل شوکر ئەحمەد بۆ جاری دووەم فەرماندەیی تیپەکەی پێ سپێردرایەوە.

تیپەکە ژمارەیەك فەرماندەی کەرتی هەبووە کە ڕۆڵێکی دیاریان لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی تیپەکەدا هەبوە لەوانە عوسمان حاجی مەحمود، نازم رەشید بەلەگە، کەریم چاوڕەش و سوارە داوودە.

تیپی ٥١ی گەرمیان بەشدارییەکی بەرچاوی لە ژمارەیەکی زۆری ئۆپەراسیۆنە گەورەکاندا هەیە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پشتیوان (١٩٨٢)، دابان- هەلاج (١٩٨٥)، قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، داستانی رزگاری (١٩٨٧)و زۆربەی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە مەڵبەندی یەك سەرپەرشتیی کردون، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨دا تیپەکە رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی سێیەمی ئەنفالی گەرمیاندا هەبوو.

## گەرەوان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان پێشمەرگەو دانیشتوانی گوندی گەرەوان لە لایەك و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە لایەکی ترەوە لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵی گەرەوان. بەیانیی ئەو رۆژە هێزێکی گەورەی دوژمن دەوری گوندی گەرەوانی خوارووی دا لە ناوچەی رەواندزو پاش سوکایەتی کردن بەدانیشتوانی گوندەکەو پشکنینی هەموو شوێنێکی گوندەکە، گوندەکەی بەجێ هێشت و رووی کردە گوندی گەرەوانی سەروو. لەگەلییە قوڵ و باریکەکەی گەرەوان، هێزەکە کەوتە ناو بۆسەی چوار پێشمەرگەوەو درایە بەر ئاگری گوللە.

لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕەکەدا، خەڵکی گوندەکەو هێزی تری پێشمەرگە بەهانای پێشمەرگەکانەوە چوون و شەڕ تا ئێوارەی خایاند. لەم شەڕەدا دوژمن ٤٥ سەربازی لێ کوژراو نزیکەی ٦٠ سەربازیشی لێ بریندار کرا، ١٢ سەربازی لێ بەدیل گیراو ١٢٧ پارچە چەك و هەزاران فیشەکی لێ گیرا.

کوژراوەکانی دوژمن بە ئۆتۆمبێلێك رەوانەی رەواندز کران و دیلەکانیش ئازاد کران.

لەم شەڕەدا دوو هاووڵاتی بە ناوی مستەفا عەزیز سەعید و رەمەزان عەزیز سەعید شەهید بوون کە سوپا لە تۆڵەی شکان و زیانە زۆرەکەی گوللەبارانی کردن، پێشمەرگەیەك و هاووڵاتییەکیش

بریندار بوون.

ئەو هێزەی لەگەڵی گەرەوان لە هێزەکەی دوژمن راپەڕی، چوار پێشمەرگە بوون کە ئەمە ناوەکانیانە: رەسول حەمەد حەمە (شەهیدبووی ساڵی ١٩٨٧)، مستەفا حەسەن مەلا (شەهیدبووی ساڵی ١٩٨٦)، عەبدولرەحمان حەسەن مەلا (ناسراو بە رەحمان کەزیان)و حەمە مەجید حەمە (ناسراو بە حەمە ئاغا).

لەم شەڕەدا ژنانی گەرەوان بەشدار بوون و هەندێکیان چەند سەربازێکیشیان بەدیل گرت و چەکەکانیان لێ داماڵین.

تێبینی: ئەو کاتە هێزی پێشمەرگە هێشتا رێك نەخرا بوو، گەورەترین یەکە مەفرەزە بوو کە لە چەند پێشمەرگەیەك پێکدەهات و هێشتا یەکەی گەورەتری وەك کەرت و هەرێم دانەهاتبوو.

## گەرەوان (شەڕ)

پێکدادانێکە لە ٩ی ئازاری ١٩٧٧ لە گوندی گەرەوانی ژێری لە ناوچەی رەواندز لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق. هێزەکەی سوپا پۆلێك هەلیکۆپتەر پشتیوانیی لێ دەکرد. ئەم شەڕە ١١ سەعاتی خایاندو لە ریزی دوژمندا ٦٠ کوژراوو بریندار هەبوو.

## گەرەوان (شەڕ)

شەڕێکە لەگوندی گەرەوان لە ناوچەی رەواندز لە نێوان مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ١٢و هێزێکی سوپای عیراق کە لە ٢٨ی کانونی یەکەمی ١٩٧٨ هێرشی هێنابووە سەر ناوچەکە. لە ئاکامی شەڕەکەدا یەك باشچاوەش و ٧ سەرباز کوژران.

## گەرەوان (شەڕ)

شەڕێکە لە ٢٠ی ئازاری ١٩٨٠ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزێکی سوپای عیراق کە هەوڵ دەدرا بە هەلیکۆپتەر لە مەیدانی شەڕ دابەزێنرێ.

لەم شەڕەدا هێزێکی سوپای عیراق بە هەلیکۆپتەر هێرشی کردە سەر گوندی گەرەوان لە ناوچەی رەواندزو ویستی سەربازەکان دابەزێنێ، بەڵام پێشمەرگەکانی هەرێمی ٧ی باڵەك و هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر دایانە بەر گوللەو دەرفەتیان بەهەلیکۆپتەرەکان نەدا سەرباز دابەزێنن.

لەم شەڕەدا کە دوو سەعاتی خایاند، دوو هەلیکۆپتەر پێکران کە یەکێکیان لە سەربازگەی ئاکۆیان نیشتەوەو یەکێ لە فڕۆکەوانەکانی بریندار بوو. هێزی پێشمەرگە شەهیدێکی بە ناوی مستەفا عەوڵاو ٧ برینداری هەبوو.

## گەرەوان (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندی چوارو فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق لەگوندی گەرەوان لە ناوچەی رەواندز. لە٢٩ی ئایاری ١٩٨٥ چوار فڕۆکەی سیخۆ گوندی گەرەوانیان بە خەستی بۆردومان کرد. هێزی دژە ئاسمانیی پێشمەرگە بەرپەرچی فڕۆکەکانی دایەوەو یەکێ لەچوار فڕۆکەکەی پێکا. فڕۆکە پێکراوەکە بە ئاسماندا تەقییەوەو پارچەکانی کەوتنە سنوری گوندی گەرەوان.

فڕۆکەکانی عیراق پێنج رۆژ لەمەوبەر هەمان گوندیان بۆردومان کردبوو بەڵام لەو کاتەدا گوندەکە هێزی پێشمەرگەو چەکی دژە ئاسمانیی لێ نەبوو. یەکێ لە پارچەکانی فڕۆکەکە کە کەوتنە سنوری

گوندەکە ژمارەی فڕۆکەکەی لەسەر بوو کە بریتی بوو لە C. B 250k.

لە تۆڵەی ختستنە خوارەوەی فڕۆکەکەدا، لە٢ی حوزەیراندا چوار فڕۆکەی سیخۆی بارەگاکای هێزی پێشمەرگەیان لە سنوری مەڵبەندی چوار بۆردومان کرد. لە بەرپەرچدانەوەی هێرشە ئاسمانییەکەدا، هێزی دژە ئاسمانیی پێشمەرگە فڕۆکەیەکی تری ئەنگاوت کە لە سنوری شوێنە بۆردمانکراوەکاندا کەوتە خوارێ‌و ژمارەکەی ١٥٧٩ بوو.

## گەزنە (شەڕ)

شەڕێکە لە٢٦ی ئەیلولی ١٩٨٤ لە نێوان هێزێکی تیپی ٨٥ی بەرانەتی‌و هێزەکانی عیراق لەگوندی گەزنە لە نزیك شارۆچکەی عەنکاوە لە پارێزگای هەولێر. ئەو ماوەیە ماوەی وتوویژ بوو لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، بۆیە ئەو هێزەی کە لەو کاتەدا لەگوندی گەزنە بوو، نیازی پەلامارو هێرشی نەبوو.

گوندەکە تەنها سێ کیلۆمەتر لە سەربازگەی هەولێرو فڕۆکەخانەی سەربازیی عەنکاوەوە دور بوو. تا ئەو کاتە رێککەوتننامەی ئاگربڕ لەئارادا بوو، بۆیە پێشمەرگەکان پێشبینیی ئەوەیان نەدەکرد هێرشیان بکرێتە سەرو خۆیان بۆ هیچ شەڕێکیش ئامادە نەکردبوو. لەپڕ هێزێکی بەربڵاوی سوپاو جاش روی کردە گوندەکەو چوار دەوری گرت. شەش هەلیکۆپتەری شەڕکەریش بەسەر گوندەکەدا سوڕانەوە. لەو سەروبەندەدا هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود ناسراو بە ڕێباز، لەگوندی قەڵاچۆغانەوە گەیشتە لای هێزەکەی گەزنەو دوا بەدوای ئەمە نەخشەی بەرگری دانرا.

هەلیکۆپتەرەکان کەوتنە بۆردومان کردنی گوندەکەو لە هەمان کاتدا هێرش بۆ سەر پێشمەرگە دەستی پێکرد. هەموو هێرشەکان یەك لەدوای یەك بەرپەرچ درانەوەو هێزە هێرشبەرەکان نەیانتوانی بچنە ناو گوندەکە.

سەعات ١٠ی بەیانی، شەڕ بۆ ماوەی یەك سەعات بۆ وتوویژ راگیرا. هێزەکانی سوپای عیراق پەیامێکیان بەکەسێك بۆ پێشمەرگەکان نارد کە خۆیان بەدەستەوە بدەن و بەڵێنی ئەوەشیان دانێ کە گیانیان بپارێزن. رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود کە سەرپەرشتیی شەڕەکەی دەکرد، خۆبەدەستەوەدانی رەت کردەوە.

هێزی پێشمەرگە لە ڕاگرتنی شەڕەکە بۆ ماوەی سەعاتێك زۆر سودمەند بوو چونکە لەو ماوەیەدا دانیشتوانی گوندەکە فیشەك و خواردنێکی زۆریان بۆ پێشمەرگەکان دابین کردو هەر لەو سەعاتی ئاگربڕەشدا دەرفەتێکی لەبار بۆ ئەوە پێك هات کە خەڵکی گوندەکە بچنە دەرێ‌و بەرەو عەنکاوەو هەولێر بڕۆن، بەڵام کەسایەتیی دیاری گوندەکە، مام رەمزی گەزنەیی، گوندەکەی بەجێ نەهێشت و لەگەڵ پێشمەرگەدا مایەوە.

سەعات ١١ هێزەکانی عیراق هێرشەکانیان دەست پێ کردەوەو تا سەعات ١٨,٣٠ شەڕ درێژەی کێشا بەبێ ئەوەی هێزەکانی عیراق هیچ پێشڕەوییەك بکەن. پاش بێئومێدبون لەگرتنی گوندەکە، هێزەکانی عیراق دوای ئەوەی کە زیانێکی زۆریان پێ گەیی، کشانەوە دواوە. فەرمانەدەی ئۆپەراسیۆنەکەی هێزەکانی عیراق لە سەرەتای هێرشەکاندا بە سەختی بریندار بوو و بە پەلەپروزێ گەیەنرایە نەخۆشخانەو دواتر لەوێ گیانی لەدەستدا. هێزی پێشمەرگە یانزە بریندار هەبوو کە برینی هەمویان سوك بوو.

ژمارەی پێشمەرگەکان نزیکەی پەنجا پێشمەرگە دەبوو، ئەمە ناوی بەشێکیانە: بەدەل محەمەد ساڵح، رەشۆ گەلیاوەیی، مەجید سۆر، فوئادە رەش، ئەمین

عەبدوڵڵا، حەمید دۆسکی، دیندار مستەفا، بەختیار موحسین، گدۆ شنگالی، سەعید عەلی، گلحە عەگید، عەلی ئیسماعیل کەوری.

## گەلاڵە (شەڕ)

شەڕێکەساڵی ١٩٨١ لە نێوان پێشمەرگەکانی هەرێمی ٧ی باڵەك بە فەرماندەیی حەسەن کوێستانی و هێزەکانی عیراق لە گەلاڵە پێش راگواستنی شارۆچکەکە بە ماوەیەکی کەم رویداوە. بڕیاری راگواستنی گەلاڵە دەرچوو بوو. هێزەکانی عیراق پەیان بەوە بردبوو کە ناتوانن بڕیارەکە بە ئاسانی جێبەجێ بکەن، بۆیە نیاز وابوو لە کاتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکەدا هێزێکی گەورەتر بنێرنە ناوچەکەو پشت بەو هێزە نەبەسترێ کە لە ناو گەلاڵە دایە.

لە ٢٧ی تەموزی ١٩٨١دا هێزێکی گەورە کە لە ١٢٠٠ سەربازو ٤٣٧ جاش و ٥٢ چەکداری ملیشیاکانی جەیش شەعبی پێکهاتبوو، بە پاڵپشتی ٨ هەلیکۆپتەری جەنگی، بۆ دەستەبەرکردنی پرۆسەی راگواستنی گەلاڵە، کەوتە رێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەرزاییەکانی کە دەڕواننە سەر گەلاڵە. هەروەها سێ بەتەریی تۆپخانە لە چۆمان، قەسرێ و رێزان بۆ تۆپباران کردن لە کاتی پێویستدا ئامادە کرا بون. پێشمەرگەکان زانیارییان سەبارەت بە پلانەکە هەبوو. بۆیە زوو خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی هێزەکانی عیراق ئامادە کردبوو و لە دوو قۆڵ بۆی دامەزرا بون: قۆڵی یەکەم لای چاکی روازێ بە ئاراستەی غەربوك و قۆڵی دووەم لە واردارسن و پشتی مەرزە.

سەعات ٧ شەڕ لە قۆڵی یەکەم دەستی پێ کرد. کەرتی ٥ی گەلاڵە گورزی کاریگەری لە هێزە پەلاماردەرەکە وەشاند و زیانێکی زۆری پێ گەیاند کە بە دەیان کوژراو مەزەندە دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی کە هێزە پەلاماردەرەکە بە تۆپخانەو فڕۆکەی هەلیکۆپتەرو هێزێکی گەورەی جاش پشتگیریی لێ دەکرا، هێزەکە تێك شکاو هیچ ئامانجێکی بەدەست نەهێنا.

شەڕەکە نزیکەی ٧ سەعاتی خایاند. لە جاشەکان ٩ کوژراو ٦ بریندار کرا. لە سوپا ١٢ سەرباز کوژراو ١٧ی دیکە بریندار بون. هەموو هەوڵەکانی دوژمن بۆ بردنەوەی تەرمی کوژراوەکانی شکستیان هێنا.

پاش نیوەڕۆ، شەڕ قۆڵەکەی تری گرتەوەو لەوێدا شەڕێکی سەخت رویدا. شەڕ لە هەردوو قۆڵ تا شەو درێژەی کێشا بە بێ ئەوەی هێزەکانی عیراق بتوانن دەست بەسەر بەرزاییەکاندا بگرن. قۆڵی دووەمی شەڕەکە راستەوخۆ لە لایەن حەسەن کوێستانییەوە سەرپەرشتی دەکرا. شان بە شانی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست لە شەڕەکە بەشدار بوو. هێزەکانی عیراق ژمارەیەکی زۆر کوژراوو برینداریان لێ کەوت.

شەو پێشمەرگەکانی کەرتی ٥ و کەرتی ٧ لە پشت گەلاڵە هێرشیان کردە سەر گردبونەوەیەکی هێزەکانی عیراق لە دەربەندی پردی سور. لە هێرشەکەدا سوپا ٧ سەربازی لەدەستداو ١٢ی دیکەش بریندار بون. چادرێکیش گڕی گرت.

لە ٢٨ ی تەموزدا سەعات ٥ی بەیانی، هێزێکی بەربڵاوی سوپا بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەر هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە. لە ئەنجامدا شەڕێکی سەخت رویدا و تا سەعات ١١ درێژەی کێشا. دواتر، هێزە پەلاماردەرەکان بە شکاوی کشانەوە. لە پێکدادانەکەدا ٥ سەرباز کوژران و ١٤ ی دیکە بریندار بون. هەلیکۆپتەرێکیش پێکراو لە قۆپی گەلاڵە کەوتە خوارێ. زیانی هێزی پێشمەرگە برینداربونی یەك پێشمەرگە بوو.

دوا بە دوای شەڕەکە، هەلیکۆپتەرەکان بە شێوەیەکی کوێرانەو بە چەشنێکی دڕندانە کەوتنە بۆردومان کردنی ناوچەکە. بۆردومانەکە شەهیدبونی یەك پێشمەرگەی بە ناوی حسێن مستەفا رەسول لێ کەوتەوە.

لە ٢٩ ی تەموزدا هێزێکی هاوبەشی پێکهاتوو لە پێشمەرگەی کەرتی ٢ و کەرتی ٣ و دوو مەفرەزەی هەرێمی ٧ ی باڵەك و قوەتی کاروخ لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی عیراق لە بەرزێوە. لە هێرشەکەدا هێزەکانی عیراق ٢٠ سەربازیان لێ کوژراو ٢٦ سەربازی دیکەیان لێ بریندار بوو.

لە لایەکی ترەوە، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەسەر رێی بەرزێوە- سماویلیان لە بۆسەیەکدا لە کاروانێکی سوپای دا، ٤ سەربازی کوشت و ٤ سەربازی تری بریندار کرد کە ناوەکانیان لە ژمارە ٥ ی بڵاوکراوەی «خەنادق» و هەروەها لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بڵاوکرایەوە. سەربار، ٣ ئیڤای سوپا سوتێنران. هێزی پێشمەرگە لەم بۆسەیە ٨ پارچە چەکی دەستکەوت بوو.

لە رۆژانی ترداو لە چالاکیی پچڕ پچڕدا، هێزی پێشمەرگەی کەرتەکانی ١ و ٤ و ٥ ی هەرێمی ٧ ی باڵەك بە چەکی سوك و ئارپیجی هێرشیان کردە سەر چەند بارەگایەکی حکومەت و حزبی بەعس لە گەڵاڵە، لەوانە بارەگای فەوج، بارەگای حزبی بەعس و بنکەی پۆلیس. لە بەرامبەردا، هێزەکانی حکومەت بە شێوەیەکی کوێرانە تۆپبارانی ناوچەکەیان کرد و زیانێکی زۆریان بە کشتوکاڵی جوتیاران گەیاند.

سەرجەم زیانەکانی هێزەکانی عیراق بەمجۆرە بوو: کوژرانی ٩ جاش و برینداربونی ١٦ جاشی تر، کوژرانی ٨٦ سەربازو برینداربونی ٧٣ سەربازی دیکە، کەوتنە خوارەوەی یەك هەلیکۆپتەری جەنگی و وێران کردنی ٣ ئوتومبیلی ئیڤا.

ناوی هەندێ لەو پێشمەرگانەی کە بەشدارییان لە شەڕەکەدا کردووە: حەسەن کوێستانی، حاجی ئەحمەد عەبدوڵڵا، حەمە رەش ئەحمەد، یوسف برایم، جەلال حاجی، ئیحسان عەبدوڵڵا عومەر، فارس عالیە رەش، محەمەد خدر کۆسە، رەسول عەبدوڵڵا عومەر، ساڵح کاولانەیی، محەمەد رەسول رۆستەم، قادر عەلی عەبدوڵڵا، خالید ئەحمەد ئاغا، مەحمود رەسول مەحمود، رەمەزان شێخە، سەلاح دارولسەلامی، خەلیل محەمەد ئەمین حەسەن، عومەر عەبدوڵڵا. هەروەها لە پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان: ساڵح رۆستایی و یوسف حەوێز.

## گەڵاڵە ( تیپ )

تیپی ٥٦ی گەڵاڵە. ساڵی ١٩٨٥ پاش کۆتایی هێنان بە وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق پێك هێنراوە. زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەم تیپە لە قۆناغی بەراییدا لەو پێشمەرگانە بون کە ریزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان بەجێ هێشتبوو و گەڕابونەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئەو پێشمەرگانە، پێشتر لە ساڵی ١٩٨٣دا پێشمەرگەی کەرتێکی هەرێمی ١١ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بون بە فەرماندەیی عەبدولرەحمان سیوەیسی. لە کاتی شەڕی ناوخۆدا، پاش گەمارۆدان و تەنگ پێ هەڵچنینیان لە لایەن هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، خۆیان رادەستی حکومەتی عیراق کردبوو. دواتر، لە ساڵی ١٩٨٤، دوای دەستپێکردنی

خولی یەکەمی وتوویژ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، ٢٠ کەس لەوانە بە فەرماندەیی عەبدولڕەحمان سیوەیسی پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوە. لەم سەروبەندەدا بیر لە ڕێوشوێنێك بۆ جێ کردنەوەی گەڕاوەکان لە ناو هێزی پێشمەرگە کرایەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیار درا جارێ مەسەلەکە بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کە چارەنوسی وتوویژ بەلایەکدا دەکەوێ.

لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٥دا، پاش بێئومێدبون لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گونجاو لەگەڵ حکومەتی عیراق بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی کوردستان و سەلماندنی مافە بنچینەییەکانی کورد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیکۆمێنتێکی فەرمیدا کە لە میدیاکاندا بڵاو کرایەوە، کۆتایی بە وتوویژ لەگەڵ حکومەتی عیراق هێنا. لەو هەلومەرجەدا بەپێی بەرنامەیەکی نوێ دەست بە ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کرا. لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا بڕیار درا لە هێزە گەڕاوەکەی حزبی سۆسیالیست و کەرتێکی تیپی ٦١ی کۆڕەش، تیپێك بە ناوی تیپی ٥٦ی گەڵاڵەوە پێك بهێنرێ. هەروەها بڕیار درا لەو ئەندامانەی یەکێتیی نیشتمانی کە تازە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو، کەرتێك پێك بهێنرێ و ئەو کەرتەش بخرێتە سەر تیپە تازە پێکهێنراوەکە.

فەرماندەیی تیپەکە بە کوێخا عەلی قەلاوەیی سپێردراو عەبدولڕەحمان سیوەیسی کرایە جێگری. چەند فەرماندەیەکی کەرت لەو تیپە خزمەتیان کردووە لەوانە سەردار عەلی ئاغا کە پێشتر فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٦١ی کۆڕەش، عەلی وەستا برایم، حەسەن برایم شوان و حەسەن حاجی ئەحمەد. هەروەها چەند رابەرێکی سیاسی لەو تیپە خزمەتیان کردووە لەوانە جەعفەر کەریم. لە ساڵی ١٩٨٧ دا گۆڕانکاری بەسەر تیپەکەدا هات و عەبدولڕەحمان سیوەیسی کرایە فەرماندەی تیپ.

هەرچەند تیپی ٥٦ی گەڵاڵە لە ساڵی ١٩٨٥ دامەزراوە، بەڵام بیرکردنەوە لە دامەزراندنی یەکەیەکی تایبەت بەو ناوچەیەی کە کرایە سنوری تیپەکە، بۆ ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە، کاتێك لەو ساڵەدا یەکەیەك بە ناوی قوەتی گەڵاڵە بە فەرماندەیی عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا عەبدولڕەحیم دامەزرا. ئەم یەکەیە تا ساڵی ١٩٨٢ بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٨٢دا پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێم و قوەتەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان، قوەتی گەڵاڵە هەڵوەشێنرایەوەو سنورەکەی بەسەر چەند تیپێکدا دابەش کرا.

لە سەروبەندی پێکهێنانی تیپی ٥٦ی گەڵاڵەدا، سنورێکی نزیك لە سنوری قوەتی گەڵاڵە بۆ تیپە تازەکە دیاری کرا کە لە لایەك لە چەمی سوێسنەوە تا ناوچەی ساوێن و لە لایەکی ترەوە لە سەنگەسەرەوە تا گوندی قەڵاتوکان درێژ بۆتەوە. بەڵام ئەم سنورە لە هەندێ شوێن تێکەڵ بە سنوری تیپەکانی تر دەبوو.

بارەگای تیپەکە لە گوندی قەڵاتوکانی ناوچەی مەنگوڕایەتی دانرا. تیپەکە بەشداریی لە چەند شەڕێکی گەورەدا کردووە لەوانە شەڕی قەڵاتوکان لە ساڵی ١٩٨٧.

لە ساڵی ١٩٨٨ یش تیپەکە بەشداریی لە چەند شەڕێکی گەورەدا کردووە لەوانە شەڕی قەڵاتوکان بە بەشداریی هەردوو تیپی ٤٣ ی ئاسۆس و ٦٣ ی جوتیاران کە دەوروبەری دوو مانگی خایاندووە، هەروەها هێزێکی تیپەکە بە فەرماندەیی فەرماندەی تیپەکە بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی هەڵەبجەدا.

لە ساڵی ١٩٨٨دا فەرماندەی تیپ عەبدولڕەحمان

سیوەیسی بە کارەساتێکی دڵتەزێن گیانی لەدەستدا. لەم سۆنگەیەوە سمایل عەلی حەسەن بایز ناسراو بە سمایل عەلی ئاغای مەنگوڕ وەك دوایین فەرماندەی تیپەکە ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرت.

## گەورەدێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کەرتەکانی ١و٢و٣ی تیپی ٢٣ی سورداشو هێزەکانی سوپای عیراق لە دەوروبەرو ناو گوندی گەورە دێی ناوچەی ئاغجەلەر لە سەرەتای دەستپێکی شاڵاوی چوارەمی ئەنفال.

هێزی پێشمەرگە زانیاریی سەبارەت بەخۆ ئامادەکردنی هێزەکانی عیراق بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکە هەبوو. بۆیە، سێ فەرماندەی کەرتەکان، سابیر کۆکەیی فەرماندەی کەرتی یەك و کەریم نادر باخی ئاغجەلەری فەرماندەی کەرتی دوو و عەبدوڵلا بەکرەجۆیی فەرماندەی کەرتی سێ، لەسەر ئەوە رێککەوتن کە هێزەکانیان لەگوندی گەورەدێ کۆ بکەنەوەو لەوێ هێڵێکی بەرگریی بەهێز بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێك دروست بکەن.

لە٣ی ئایاری ١٩٨٨ هێزێکی گەورەی عیراق کە پێك هاتبوو لە فەوجە سوکەکان و مەفرەزە تایبەتەکانی کۆماندۆ، لە دەربەندی بازیانەوە بەرەو ناوچەی ئاغجەلەر بەرێ کەوت. ئەم هێزە لە نێوان گەورە دێو کانی بێ کەوتە ناو بۆسەی پێشمەرگەوەو پاش شەڕێکی سێ سەعاتی، بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی بەدی بێنێ، پاشەکشەی کرد.

یەکەم هێزی تیپی ٢٣ی سورداش کەگەیشتە گەورەدێ، کەرتی سێ بوو. دوای ئەم هێزە، هێزەکانی کەرتی یەك و دوو خۆیان گەیاندە گوندەکە. بەیانیی رۆژی ٤ی ئایار هێزەکانی عیراق لە سەربازگەکانی دوکان، کانی خان، سورداش، کەندەشین و سوسێ کەوتنە جموجوڵو هەڵکشانە سەر ناوچەکە.

هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق بە پاڵپشتی تانك هەڵکشایە سەر گوندی گەورەدێ. پێشمەرگەکان روبەڕوی هێزەکە بونەوەو شەڕێکی دەستەویەخەیان لەگەڵدا کرد. ژمارەی کوژراوی هێزە پەلاماردەرەکە لە چل سەرباز کەمتر نەبوو. لەبەر نابە ڕابەریی تەرازوی هێز پێشمەرگەکان کشانەوە بۆ ناو دێ. چوار هەلیکۆپتەری جەنگی بە خەستی کەوتنە بۆردومان کردنی گوندەکە. سەرباری بۆردومانی چوار هەلیکۆپتەرە جەنگییەکە، تۆپخانەی عیراق لەسوسێو دەربەندی بازیانەوە کەوتە تۆپباران کردنی گوندەکە.

دوا بەدوای بۆردومانەکان، هێزەکانی عیراق هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر گوندەکەو لەم هێرشەدا چەندین سەربازیان لێ کوژرا. هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی بە ناوی عومەر شیلەخانی و کامەران رەحمان تەها بازیانی هەبوو. پاش زیادبونی گوشار لەسەر گوندەکە، هێزی پێشمەرگە گوندەکەی بەجێ هێشت بەڵام لەبەر بڵاوبونەوەی هێزەکانی عیراق بەناوچەکەدا، دەبوایە هێزەکە خۆی لەبەر چاوان ون بکا. بۆیە، بەپێی رێنمایی شارەزاکانی ناوچەکە، هێزەکە خۆی گەیاندە یەکێ لەگەورەترین ئەشکەوتەکانی ناوچەکە کە ئەشکەوت سەحرای چەمی رێزانەو تا رەوینەوەی مەترسییەکە لەوێ مایەوە. ژمارەی ئەو هێزەی بەشدار بوو لە شەڕەکەدا، لەهەشتا پێشمەرگە زیاتر بوو. هێزی پشتگیری بەشێکی ئەم هێزەی پێکهێناوە.

گەورەدێ: یەکێکە لەگوندە گەورەکانی ناوچەی ئاغجەلەر، لە شوێنێکی بەرز دروست کراوە کە دەڕوانێتە سەر هەر سێ ناوچەی قەڵاسێوکەو

بازیان و سـورداش. لەم سۆنگەیەوە هەڵکەوتێکی ستراتیجیی گرنگی هەیە.

شـاڵاوی چـوارەمـی ئەنفال: هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی عیراق بۆ سەر قەڵەمڕەوی نێوان سورداش و پردێ لە ١٨ قۆڵەوە. بەپێی زانیارییەکان، ئەم شاڵاوە کە ماوەکەی کەوتۆتە نێوان ٣-٨ی ئایاری ١٩٨٨، وێران کردنی ٢٣٧ گوندو جینۆسایدکردنی ژمـارەیـەکی زۆری دانیشتوانی نـاوچـەکـەی لێ کەوتۆتەوە.


## لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی



کادیر و پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٣ی شاری پێنجوێن. ساڵی ١٩٤٢ لە حوجرە دەستی بە خوێندن کردووە، بەڵام پاش حەوت مانگ لەبەر قات و قڕی و گرانیی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان و خراپیی گوزەرانی خێزانەکەی، وازی لە خوێندن هێناوەو دەستی بەکاسبی کردووە. ساڵی ١٩٤٩ لە خوێندنگەیەکی ئێواران دەستی بەخوێندن کردەوە، بەڵام دیسان بە هۆی هەژارییەوە پاش دوو ساڵ وازی لە خوێندن هێناو گەڕایەوە سەر کاسبی. لە ساڵی ١٩٥٢ بەدواوە بەهۆی کاسبییەوە وردە وردە گوزەرانی بەرەو باشتر ڕۆیی.

ساڵی ١٩٥٣ ژیانی سیاسیی دەست پێکرد، پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو دواتر گەیشت بە پلەی ئەندامی لیژنەی ناوچەی پێنجوێن. ساڵی ١٩٦٢ بەتۆمەتی بەشداری کردن لە هێرش کردنە سەر بنکەی پۆلیسی پێنجوێن، لە سلێمانی دەستگیر کراو درایە دادگا. پاشان لە بەندیخانەی رومادی زیندانی کرا. پاش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣و روخانی رژێمی عەبدولکەریم قاسم ئازاد کرا.

پاش پەیدابوونی دوبەرەکی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. ساڵی ١٩٧١ دوا بە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی، کرایە ئەندامی لیژنەی ناوچەی پێنجوێن. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بەڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٤ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و لەگوندی



ئالیاوا کە بارەگای لیژنەی ناوچەی پێنجوێنی لێ بوو، بەردەوام بوو لەسەر کارکردن لە بواری ڕێکخستندا، بەڵام ماڵ و منداڵەکەی بردە گوندی بایەوەی سەر بە شارۆچکەی مەریوانی کوردستانی ئێران.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ پێنجوێن و زۆری نەبرد بۆ شارۆچکەی روتبەی سەر سنوری عیراق- ئوردون دوور خرایەوە. لەو ماوەیەدا بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە.

پاش ١٨ مانگ لە ژیانی دورخراوەیی، لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٧ ڕێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. لە ماوەی نێوان ١٩٧٧- ١٩٧٩، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە لە سلێمانی گیرسایەوە، ڕۆڵێکی کارای لە ڕێکخستندا گێڕا. لە ئایاری ١٩٧٩ لەبەر زیادبوونی فشاری دەزگا ئەمنییەکان و پەرەسەندنی مەترسیی دەستگیرکردنی، سلێمانیی بەجێ هێشت، لە ڕێی شارباژێڕەوە چوو بۆ شاری بانەی کوردستانی ئێران و لەوێوە رووی کردە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتی لە ناوزەنگ.

لەو ماوەیەدا کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن کە سالار عەزیز لێپرسراوی بوو، پاشان کرایە کارگێڕی لقی ٣ کە بارەگاکەی لە زەڵێ بوو. ساڵی ١٩٨١ بەشدار بوو لەکۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٤ کرایە لێپرسراوی ئیدارەی مەڵبەندی یەك کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لە گوندی سیتەك بوو.

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ خێزانەکەی و هەر سێ کوڕەکەی لە سلێمانی لە لایەن رژێمی بەعسەوە دەستگیر کران و دەست بەسەر خانووەکەیدا گیرا. دواتر لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە پەیوەندیی پێوە کراو پێی راگەیەنرا کە ئەگەر دەیەوێ خێزانەکەی و سێ کوڕەکەی ئازاد بکرێن، دەبێت خۆی بەدەستەوە بدات یان کار بۆ دەزگا ئەمنییەکان بکا یان کار بۆ ئازادکردنی بەڕێوەبەری ئاسایشی کارێزە بکا کە لەو کاتەدا لەلای هێزی پێشمەرگە دیل بوو. بەڵام ئەو هەر سێ پێشنیاری رەت کردەوە. دوای چەند هەفتەیەك خێزانەکەی لە نزیك سورداش ئازاد کرا، بەڵام کوڕەکانی لە بەندیخانەی موسڵ زیندانی کران و پاشان لە ٢٨ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧دا، پاش دەوروبەری پێنج مانگ لە دەستگیرکردنیان، بەلێبووردنی گشتی ئازاد کران.

لە قۆناغی ئەنفالەکاندا ماوەیەك لە شاری بانە گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا ئەرکی خزمەت کردنی ئاوارەکانی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٩ کرایە لێپرسراوی ئیدارەی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە قاسمە ڕەش.

لە کاتی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەرکی لۆجستیکیی پێ سپێردرا، بەڵام پاش راپەڕین هیچ لێپرسراوەتییەکی حزبی و حکومیی وەرنەگرت. ساڵی ١٩٩٥ لە کاتی شەڕی ناوخۆدا، بە دەستپێشخەریی خۆی، ئەرکی لۆجستیکیی وەرگرت و ئەم ئەرکەی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە برد.

ساڵی ٢٠٠٣ بۆ چارەسەر سەردانی دانیمارکی کردو لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٣، پاش تەواو کردنی پێداویستییەکانی چارەسەر، گەڕایەوە بۆ وڵات. ساڵی ٢٠٠٦ وەك پێشمەرگەی نمونەیی خەڵاتی زێڕینی بلەی لە لایەن ڕێکخراوی برایم ئەحمەدەوە پێ بەخشرا.

لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کرد.

دیارترین بەرهەمەکانی: «نیو سەدە بۆ نیشتمان» (٢٠١٢).

## لاوانی باڵخ (تیپی شانۆ)

تیپێکی شانۆیە ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی باڵخی دۆڵی جافەتی دامەزراوەو تا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بووە لەسەر نمایش کردنی بەرهەمەکانی.

زۆربەی ئەندامانی ئەم تیپە پێشمەرگەو کادیرو ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بون لەوانە ئەحمەد برایم، سەربەست عەبدوڵڵا، کەمال محەمەد، عومەر برایمۆك. سەرباری نمایش کردنی چەند شانۆگەرییەك، تیپەکە لە هەندێ بواری تردا بەرهەمی پێشکەش کردووە وەك ئاهەنگی سرودو گۆرانیو شیعر خوێندنەوە.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١و ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان، هەندێ لەو لاوانەی کە لە ساڵی ١٩٨٤ دا تیپەکەیان دروست کردبوو، جارێکی تر دروستیان کردەوەو چەند بەرهەمێکی شانۆگەریو ئاهەنگی سرودو گۆرانی وتن و شیعر خوێندنەوەیان پێشکەش کردو پێشانگای وێنەی شەهیدانیشیان کردەوە. چالاکییەکانی تیپەکە زۆرتر لە دۆڵی جافەتی و ناوچەی دۆڵێ نمایش کراون.

## لق (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)

دەزگایەکی رێکخراوەییە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆبوونەوەکانی برادۆست لە ماوەی نێوان ٣١ی ئاب و ١٢ی ئەیلول بڕیاری دامەزراندنی درا، ئەرکەکەی پێکهێنانی تەونێکی رێکخراوەیی بوو بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئاستەکانی لق بریتی بوون لە ڕێکخراو، لیژنەی ناوچە، لق. لەسەر بنەمای جوگرافیا، چوار لق بەپێی پارێزگاکان لە هەولێر، سلێمانی، کەرکوك و دهۆك پێك هات و بۆ هەر قەزایەك لیژنەی ناوچەو بۆ ناحیەکان رێکخراو دانرا.

بە کردەوە، پانتایی جموجوڵی لقەکان زۆرتر لە دەرەوەی شارەکان بوو، چونکە لە شارەکاندا هەر یەك لە کۆمەڵەی رەنجدەران و بزووتنەوەی سۆسیالیست رێکخستنی خۆی هەبوو. تایبەتمەندیی لقەکان لەوەدا بوو کە بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە رێکخستنیان پێکدەهێناو لێپرساوی لقەکان ئەگەر سەر بە کۆمەڵەی رەنجدەران بوونایە یان سەر بە بزووتنەوەی سۆسیالیست، بۆیان نەبوو بۆ گروپەکەی خۆیان رێکخستن دروست بکەن، بەڵام لە ناو هێزی پێشمەرگەدا، ئەو ئەندامانەی لە لقەکان رێك خرابوون، دەیانتوانی پەیوەندیی بەڕێکخستنی یەکێ لە دوو گروپەکەی کۆمەڵەو بزووتنەوە بکەن.

لقی بادینان زوو لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، بەڵام سیستمی لقەکان بە شێوەیەکی گشتی تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ کاری پێ کراو پاشان هەموو لقەکان هەڵوەشانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەم لە ناو هێزی پێشمەرگەو ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی رژێمی عیراقداو هەم لە ناو شارەکاندا رێکخستن بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە مایەوە و هەندێ لەو رێکخستنانە، بەتایبەتی هی شارەکان، پەیوەندیی راستەوخۆیان بە سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەبوو.

## لق (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)

بەرزترین ئاستی رێکخستنی شارەکان لە ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. ساڵی ١٩٧٧ پاش دامەزراندنی دەزگای رێکخستنی ناوخۆ کە لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی بە عەلی هەژار سپێردرا، بزووتنەوەی سۆسیالیست پێنج لقی بۆ رێکخستنەکانی لە دهۆك، هەولێر، سلێمانی، بەغداو کەرکوك دامەزراند و بۆ هەر لقێك لێپرساوێك و چەند ئەندام لقێکی دانا.

لقی دهۆك لێپرسراوەكەی مەلا عەلی مزوری بوو. لقی هەولێر لێپرسراوێکی دیاریکراوی بۆ دانەنرا، بەڵام بەکردەوە چەند کادیرێك لەوانە عەلی رەسول، سەعد عەبدوڵلا، عەبدولڕەحمان مامە و عەبدوڵلا ئیسماعیل سەرپەرشتییان دەکرد. لقی سلێمانی لێپرسراوەکەی جەمال حەکیم ئاغا بوو. پاش جیابوونەوەی باڵی رەسوڵ مامەندی بزووتنەوە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩، لقی سلێمانی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوەو جیا نەبۆوە. ئەرکی بەڕێوەبردنی لقی بەغدا بە حەسەن عوسمان سپێردرابوو، هەر یەک لە خەلیل سەیفوڵلا و حەسەن حەمە ناسر و جەدعان و سەین و نەجمەددین عەلی ئەندامانی لق بوون. لقی کەرکوکیش نورەددین عەبدولڕەحمان ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوە سەرپەرشتیی دەکردو لێپرسراوەکەشی محەمەد فاتیح بوو، ئەندامانی لق ئەمانە بوون: عەبدولکەریم حەسەن، محەمەد شێخ عیززەدین، حەمە ئەمین سەمین و محەمەد سەعید سابیر.

## لوبنان (خولی عەسکەری)

خولی عەسکەریی ساڵی ١٩٨٠ی لوبنان. دە کادیری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشدارییان تێدا کردووەو رێکخەرەکەشی بەرەی دیموکراتی رزگاریخوازی فەڵەستینە.

دە کادیرەکە ئەمانەن: ئاوات قارەمانی، ئەنوەر حەسەن، شاخەوان عەباس، دانا ئەحمەد مەجید، ئەسکەندەر حاجی ئاغا ئاکرەیی، سەڵاح چاوشین، شۆڕش ئیسماعیل، حامد حاجی غالی، رەفیق عەبدوڵلا سەبری ناسراو بە ئەنوەر و محەمەد غەریب عەبدوڵلا ناسراو بە ئازاد.

ئامانجی خولەکە بریتی بوو لە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی فەڵەستینییەکان لە خەباتی چەکدارو مەشق کردن لەسەر چەند جۆرە چەکێك کە بەکەڵکی شەڕی پێشمەرگایەتی دەهاتن.

رێکخەری خولەکە شازاد سایبە کە لەو کاتەدا لێپرسراوی ئۆفیسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە سوریا. لە کۆتایی مانگی حوزەیران ئەندامانی تیمەکە چوونە ئێران و لەوێ موحسین عەلی ئەکبەر، لێپرسراوی ئۆفیسی یەکێتی لە تاران، لیزەپاسی لە باڵیۆزخانەی سوریا بۆ دابین کردن و بە هۆی لیزەپاسەکەوە چوون بۆ سوریا.

لە ناوەڕاستی تەموزدا گوێزرانەوە بۆ ئۆردوگایەکی فەڵەستینییەکان لە نزیك شارۆچکەی مەعلولەو لەوێوە برانە ئۆردوگای راشدیە لە باشووری لوبنان. لەوێ لەسەر هەموو جۆرە دژە ئاسمانییەکان مەشقیان کرد، بەتایبەتی دۆشکای ١٢,٥ملم و ١٤ملم و دوو لولە و چوار لولە.



لە مانگی ئابدا تیمەکە گوێزرایەوە بۆ ئۆردوگای نیعمە لە نزیك بەیروت و لەوێ ئەندامانی تیمەکە مەشقیان لەسەر جۆری تری چەك کرد وەك موشەکی گراد، تۆپی دورهاوێژی ١٢٢ملم و هاوەنەکانی ١٢٠ملم و ٦٠ملم و ٨٠ملم و دژە ئاسمانیی ٢٣ملم و شارەزایی پێویستیان لە بواری تەقەمەنی و تاکتیکی سەربازی بەدەستهێنا.

خولەکە دوو مانگ و نیوی خایاند. لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم کۆتایی بەخولەکە هات و تیمەکە گەڕایەوە بۆ سوریا. لەوێ شەش ئەندامی تیمەکە چوون بۆ ئێران و لەوێوە گەڕانەوە بۆ کوردستان. چوار ئەندامەکەی تر کە ئەمانە بوون: شاخەوان عەباس، ئەنوەر حەسەن، دانا ئەحمەد مەجید و ئەسکەندەر حاجی ئاغا ئاکرەیی، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرەی دیموکراتی رزگاریخوازی فەلەستین، بەنیاز بوون بەشداری لە خولێکی تردا بکەن لە ڕوسیا، بەڵام دواتر ڕێك نەکەوت بەشداری لەو خولەدا بکەن. دوا بەدوای ئەمە، ئەوانیش لە ڕێی ئێرانەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان.


پاش گەڕانەوەیان، ئەندامانی تیمەکە چەند خولێکیان بۆ هێزی پێشمەرگە کردەوە کە کاریگەریی باشیان لەسەر ئاستی هەڵسوڕانی شەڕی پێشمەرگانە هەبوو.

## لەتیف جەمال رەشید



پسپۆری جیهانی لە بواری سەرچاوە ئاوییەکاندا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤ی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٣ لە چوارچێوەی شاندێکی خوێندنی باڵادا عیراقی بەجێ هێشت و رووی لە بریتانیا کرد. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٨دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری ئەندازیاری لە زانکۆی لیڤەرپول بەدەست هێنا. لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ بە مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی دامەزراو دەستی بەوانەبێژی کرد. تا کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧١ بەردەوام بوو لەسەر ئەم کارە. دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن گەڕایەوە بۆ بریتانیاو لە ساڵی ١٩٧٢دا ماجستێری لە بەشی هایدرۆلیك لە زانکۆی مانچستەرو پاشان لە ساڵی ١٩٧٦دا دکتۆرای فەلسەفەی لە بواری هایدرۆلیك لە هەمان زانکۆ بەدەست هێنا.

لەو ماوەیەدا ئەندامی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. پاش دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥دا چووە ریزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە و



لێپرسراوەتیی نوێنەرایەتی کردنی حزبی لە بریتانیا پێ سپێردرا. هەروەها لە بەشێکی زۆری کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکییە سیاسییەکاندا لە ئەوروپاو ئەمریکاو بەشێکی وڵاتانی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی یەکێتیی پێ سپێردراوە.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٦ لە رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵیی نێودەوڵەتی (فاو) کاری کردو ئەرکی بەدواداچوونی پرۆژەکانی پەرەپێدانی چەردەیەك وڵاتی پێ سپێردرا وەك عەرەبستانی سعودی و یەمەن و سۆماڵ و میسرو لەم بوارەدا ناوبانگێکی پیشەیی جیهانیی بەدەست هێنا.

لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە لەندەن لە ساڵی ٢٠٠٢ بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆنگرەکە هەڵبژێردراو تا ساڵی دواتر ئەم لێپرسراوەتییەی گرتە ئەستۆ.

پاش روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە مانگی ئەیلولدا کرایە وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان و لە سفرەوە ئەم وەزارەتەی دروست کردەوە. وەزارەتەکەی لە ناو وەزارەتەکانی عیراقدا بە سەرکەوتووترین وەزارەت هەژمار کراوە. تا ساڵی ٢٠١٠ لەو پۆستە مایەوە. لەو ماوەیەدا نەخشەی گشتلایی بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی سەر زەوی و ژێر زەویی عیراق دانا، تەکنیکی تازەی بۆ رێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی وەزارەتەکە بەکار هێناو بەرنامەیەکی سەرکەوتوی بۆ بوژاندنەوەی زۆنگاوەکانی خوارووی عیراق دانا کە زێدەتر لە رێژەی ٩٠٪ی لە سەردەمی رژێمی بەعس وشك کرابۆوە.

لە ماوەی وەزیریی لە حکومەتی فیدراڵ، هەوڵی زیندوکردنەوەی پڕۆژەی دروست کردنی بەنداوی بێخمەی دا کە یەکێکە لە گرنگترین پڕۆژە ئاوییە ستراتیجییەکانی عیراق و لە ساڵی ١٩٩١ وە کارکردن تێیدا راگیراوە. بەنداوەکە بە گەورەترین بەنداوی عیراق دەژمێردرێ و لەسەر ئاستی جیهانیش چوارەمە. ساڵی ٢٠٠٨ لە سەری رەش چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی بۆ تاوتوێ کردنی وردەکارییەکانی پڕۆژەکە رێکخست بەڵام بارزانی دژی پڕۆژەکە وەستایەوەو رەزامەندیی لەسەر نیشان نەدا کە ئەمەش بووە مایەی پەکخستنی هەوڵەکە. بەنداوەکە بۆ کۆکردنەوەی ئاوو بەرهەم هێنانی وزەی کارۆئاوی و گەشەپێدانی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار بایەخێکی تایبەتی هەیەو هەرێمی کوردستان زۆر لێی سودمەند دەبێ.

ساڵی ٢٠١١ خانەنشین کراو دواتر لەسەر داوای تاڵەبانی، بووە راوێژکار لە سەرۆکایەتیی کۆماری عیراق. لەو ساڵەدا کاندیدی عیراق بوو بۆ وەرگرتنی لێپرسراوەتیی رێکخراوی فاوو لەم سەروبەندەدا رکابەریی لەگەڵ پێنج کاندیدی تردا کرد کە نوێنەرایەتیی ئیندۆنیسیا، برازیل، ئیسپانیا، نەمساو ئێرانیان دەکرد.


لە ساڵی ٢٠١٤ دا ئارەزوی هونەردۆستانەی هانیدا خانویەکی خۆی لە گردی عەلی ناجیی شاری سلێمانی کە بە میرات لە باوکی بۆی بەجێ مابوو، بکا بە گالیری و دەیان تابلۆی هونەرمەندانی کوردستان و عیراقی تێدا کۆ بکاتەوە لەوانە تابلۆکانی هونەرمەندان ئاکۆ غەریب، رۆستەم عەزیز، ئەسعەد ئازاد، حەسەن ئیبراهیم، حسێن موسەوی، سوعاد عەتتار، شاکر شاوی، فەرید زوبێدی، عەلی غەنی، ئازاد شەوقی، هومام قوتب، نەسیر کەعبی، مەهدی ئەسەدی، جەواد سەلیم و ئەحمەد خەزعەلی. لە ئەلبومی ناساندنی گالیرییەکەدا نوسیویەتی «بەختەوەرم بەوەی کە هاوڕێیەتیم لەگەڵ چەندین هونەرمەندی شێوەکار پەیدا کردووە کە زۆربەیان لە

پاریس، ڤینیسیا، لەندەن، سلێمانی، بەغدا و رۆما دادەنیشن».

لە نیسانی ٢٠١٦دا سەرۆکایەتیی شاندی عیراقی کرد لە دووەمین کۆڕبەندی جیهانیی بەرپەرچدانەوەی تاوانی جینۆساید لە شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستان و لە وتارەکەیدا کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانی وەک «یەکێ لە خراپترین تاوانەکانی مێژوو» ناساند. لە بەیاننامەی کۆتایی کۆڕبەندەکەدا و لەسەر داوای شاندەکە، داعش وەک گروپێکی ئەنجامدەری جینۆساید تاوانبار کرا.

ساڵی ٢٠١٨ خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری عیراق کاندید کرد، بەڵام پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بە ماوەیەکی کەم، وازی لە خۆ کاندید کردنەکەی هێنا و کشایەوە.

## لەتیف عومەر مستەفا



کادیری ڕێکخستن و ئەندامی سەرکردایەتی. ناسراو بە لەتیفی شێخ عومەر. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی شاری سلێمانی. دەرچووی کۆلێجی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سلێمانی. لە ساڵانی شەستەکاندا چۆتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوەو پاشان بۆتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو خرایە ئەڵقە رۆشنبیرییەکانەوە. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هەر یەك لە شوان عەلی سەعید، رەئوف ئاکرەیی، کۆسرەت رەسول عەلی و محەمەد خورشید لە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بوو.

لە ٥ی ئایاری ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ پۆلێك لە ئەندامانی ڕێکخستن، لە لایەن دەزگای ئەمنی سلێمانییەوە دەستگیر کراو بە پێنج ساڵ زیندانی حوکم درا. ساڵی ١٩٧٩ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراو دوا بەدوای ئەمە، بەردەوام بوو لەسەر کارکردن لە ناو ریزی ڕێکخستن.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بووە ئەندامی لیژنەی ڕووناکبیریی مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی لە قەڵاچوالان و هەر لەو ساڵەدا بەشدار بوو لە دەرکردنی رۆژنامەی «پەیامی نوێ». دواتر لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی کۆمیتەی ٢ی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٢ بە سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان هەڵبژێردراو لە هەمان کاتدا بووە کارگێڕ لە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان. لە ساڵی ١٩٩٦دا گواسترایەوە بۆ دەزگای زانیاری لە قەڵاچوالان. لە ماوەی نێوان ١٩٩٧- ٢٠٠٤ لە ئەمریکا ژیا. لەو ماوەیەدا کاروباری هەڵبژاردنی تاوتوێ کردو وەك شارەزا لە بواری هەڵبژاردن دەرکەوت.

ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە یاریدەدەری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کاروباری هەڵبژاردن و دواتریش بووە ئەندام لە دەزگای هەڵبژاردن.

ساڵی ٢٠١٠ بووە بەڕێوەبەری ئۆفیسی تایبەتی سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی و لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٣ لێپرساوێتیی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانیی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٨ وازی لە لێپرساوەتیی مەڵبەند هێنا

و قادر حەمە جان جێی گرتەوە.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠دا لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی مەکتەبەکاندا، بە لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن هەڵبژێردرا و بەم پێیە بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

## لەتیف نێروەیی



کادیری راگەیاندنو ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. ناوی تەواوی لەتیف تەها فەتاح. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٩ی گوندی زێڕی ناوچەی ئامێدی. دەرچوی ساڵی ١٩٨٧ی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی دهۆك و خاوەنی بڕوانامەی دبلوم لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانی.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٨٧ دەست پێدەکا، کاتێك پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١دا وازی لەپارتی دیموکراتی کوردستان هێناو لە ناوچەی نێروەو ڕێکان پەیوەندیی بە پێشمەرگە پارتیزانەکانی بادینانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. هەر ئەو ساڵە پاش ڕاپەڕین بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبەرەی کوردستانی لە شیلادزێو لە هەمان کاتدا بووە رابەری سیاسی لە بەتالیۆنی ئامێدی.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا گوێزراوەتەوە بۆ بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە گەڵاڵە و سەرەتا وەك بێژەرو هەواڵساز لە بەشی کرمانجیی سەروو کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٩٤دا لێپرسراوەتیی بەشی کرمانجیی سەرووی گرتە ئەستۆ. تا ساڵی ٢٠٠٠ هەر لە ئێزگە کاری کردووەو ماوەیەکیش جێگری بەڕێوەبەر بووە.

ساڵی ١٩٩٩ سەنتەری گەنجانی بادینانی لە سلێمانی دامەزراند و هەر خۆیشی لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی گرتە ئەستۆ، سەرباری ئەوەی کە لە دەستەی دامەزرێنەری رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستانیشە. هەمان ساڵ لە سلێمانی وەك پەیامنێر کاری بۆ بەشی کوردیی رادیۆی دەنگی ئەمریکا کردووە.

ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ کردنەوەی کەناڵی سەتەلایتی کوردسات، وەك بێژەرو هەواڵسازو پێشکەشکاری بەرنامەی سیاسی کاری تێدا کردووەو لە ساڵی ٢٠٠٤دا بۆتە بەرپرسی بەشی کرمانجیی سەرووی کەناڵەکەو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن.

لەم سەروبەندەدا بۆتە سەرنوسەری گۆڤاری «سۆرمانجی» کە سەنتەری گەنجانی بادینان دەری کردووە و لە ڕێی ئەم گۆڤارەوە هەوڵێکی بوێرانەی بۆ لێك نزیککردنەوەی هەردوو دیالێکتی کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خواروو داوەو ئەم هەوڵەی شایستەی پێدا هەڵگوتنە.

لە ساڵی ٢٠٠١دا بۆتە ئەندامی مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان کە لەو کاتەدا بارەگاکەی لە سلێمانی بووە. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٧ دا وەك پەیامنێر کاری بۆ رادیۆی فرە کەلتوریی ئەڵمانیا (RBB)کردووە.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند

هەڵبژێردراو دواتر بووە وتەبێژی فەرمیی ئەنجومەن. لە ساڵی ٢٠١٥ دا خۆی بۆ پۆستی بڕیاردەری ئەنجومەن کاندید کرد و دەنگی پێویستی وەدەست هێنا. لە ساڵی ٢٠١٦دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری بەشی پەیوەندییە گشتییەکاندا لە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی دهۆک، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## لەشکری ئیسلامیی کورد

ڕێکخراوێکی سیاسییە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨١ بە پشتیوانیی ئێران دامەزراوە. دامەزرێنەرەکانی مەلا حسێنی ماریونس، شێخ قادری سۆتکەو عەباس شاهین بوون. یەکەمیان خەڵکی تەلەعفەرە، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە، لە دوای هەرەس هێنانی شۆڕشەوە، لە ئێران دانیشتبوو، هیچ پێشینەیەکی سیاسیی نەبوو، لە کوردستانیش کەس نەیدەناسی. دووەمیان، خەڵکی ناوچەی قەڵاسێوکە بوو، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە لە ئێران دانیشتبوو، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش نەگەڕابۆوە بۆ عیراق، هیچ ئەزموون و پێشینەیەکی سیاسیی نەبوو، بە ڕەچەڵەك لە بنەماڵەیەکی زەویدار بوو. سێیەمیان پێشینەی چەند ساڵێك کارکردنی لە ناو گروپی ئیخوان موسلمیندا هەبوو، ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ پێشمەرگە بوو، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران ببوو، هەر ئەو ساڵە ئێرانی بەجێ هێشتبوو، چوو بوو بۆ سوریا، ماوەیەك پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیدا دامەزراندبوو، پاشان توانیبووی پەیوەندی لەگەڵ سورییەکان و لیبییەکان و سعودییەکان دروست بکاو پاش ڕوخانی ڕژێمی شا توانیبووی پەیوەندی لەگەڵ ئێران دروست بکا.

ئەم ڕێکخراوە ئەوەندەی وەك ڕێکخراوێك بۆ خزمەت کردنی ئەجیندای بیانی کاری دەکرد، ئەوەندە بۆ خزمەت کردنی خەباتی کورد کاری نەدەکرد. لە گوتاری ڕاگەیەنراوی سیاسیی ڕێکخراوەکەدا ئیسلام و کوردایەتی تێکەڵ بەیەکتری کرابوون. ئەگەرچی ڕێکخراوەکە لە ماوەیەکی کەمدا هێزێکی چەند سەد کەسیی پێکهێنا، بەڵام ئەو هێزە چەکدارە لەبەر فشۆڵیی پێکهاتەکەی، هیچ کات هێزێکی شەڕکەری پێ پێك نەهاتووەو تا ئەو کاتەی لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، زۆرتر وەك ڕێکخراوێکی خۆدەرخەر خۆی نواندووەو هیچ چالاکییەکیشی لە دژی هێزەکانی ڕژێمی عیراق ئەنجام نەداوە.

زۆربەی ئەوانەی پەیوەندییان پێوە کردبوو گوندنشین و بێکارو سەربازی ڕاکردوو بوون کە مەبەستی سەرەکییان وەرگرتنی موچەو کلاشنکۆفی تازە بوو، بەتایبەتی کە ڕێکخراوەکە داوای ئەوەی لێ نەدەکردن شەڕی ڕژێمی عیراق بکەن.

تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و یەکێتی، کاریگەریی خراپی لەسەر چارەنووسی ئەم ڕێکخراوە بەجێ هێشت. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کە هەفتەیەکی تێنەپەڕاند، هێزەکانی یەکێتی هەموو میلیشیاکانی لەشکری ئیسلامییان چەك کردو لەگەڵ ئەم چەك کردنەدا تەواوی ڕێکخراوەکە لەبەر یەك هەڵوەشایەوەو بە یەکجارەکی پاکتاو کرا.

## لەندەن (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق)

کۆنگرەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە لەندەن لە ماوەی نێوان ١٤-١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٢ بۆ تاوتوێ کردنی ڕەوشی پاش ڕوخانی

رژێمی عیراق و دانانی نەخشە ڕێگایەك بۆ قۆناغی گواستنەوەو دامەزراندنی دیموکراسی.

هەرچەند کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە نیویۆرك لە ساڵی ١٩٩٩ وێستگەیەکی گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بوو، بەڵام لە ناو بەشێکی زۆری لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق هێشتا ئەو گومانە هەبوو کە ئەمریکا مەسەلەی روخاندنی رژێمی عیراقی هێشتا بە هەند وەرنەگرتووەو تێڕوانینێکی رونی بۆ بابەتەکە نیە.

لە راستیدا ئەو گومانە بێ بنەما نەبوو. لە ناو ئەمریکادا ململانێیەکی توند لە نێوان پارتی دیموکرات و پارتی کۆماریدا هەبوو. کۆمارییەکان زۆرتر بە تەنگ ئەوەوە بون کە ئەمریکا رۆڵێکی کاریگەرتر لە مەسەلەی عیراقدا بگێڕێت، لە کاتێکدا دیموکراتەکان لەم بابەتەدا بە ئەندازەی خوازراو گەرم و گوڕ نەبون. سەرۆکی ئەمریکا بل کلنتۆن هەرچەند یاسای رزگارکردنی عیراقی واژۆ کردبوو، بەڵام یاساکەی زۆر پێ باش نەبوو. لە سەرێکی ترەوە، لەسەر مەسەلەی شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ عیراق، ململانێیەکی سەخت لە نێوان پارێزگارەکانی ناو کۆنگرێس و ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا (CIA) هەبوو. ململانێی ناوخۆی ئەمریکا، رەنگدانەوەی لەسەر کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقیش هەبوو بە جۆرێك کە پارتی کۆماری پشتیوانیی لە ئەحمەد چەلەبی دەکردو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا پشتیوانییان لە ئەیاد عەللاوی دەکرد.



لە چوارچێوەی ململانێی نێوان هەردوو حزبدا، بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە نیویۆرك هەوڵێك بوو لە لایەن دیموکراتەکانەوە بۆ سەندنەوەی کارتی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە پارێزگارەکان، بەتایبەتی کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا بەڕێوە بوو و دیموکراتەکان ئال گۆڕی جێگری سەرۆکی ئەمریکایان کاندید کردبوو.

لەو بارودۆخەدا ئەو هەستە بەسەر ئۆپۆزیسیۆنی عیراقدا زاڵ بوو کە حکومەتی کلنتۆن خۆی لە جێبەجێ کردنی یاسای رزگارکردنی عیراق و پشتگیری کردنی ئۆپۆزیسیۆن دەدزێتەوە. بۆ رەواندنەوەی ئەو گومان و نیگەرانییانە، ئەمریکییەکان بڕیاریان دا دیدارێك لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و ئال گۆر جێگری سەرۆکی ئەمریکاو کاندیدی پارتی دیموکرات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی رێکخەن. لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠، پاش نزیکەی حەوت مانگ لە کۆنگرەی نیویۆرك، ئال گۆر چاوی بە شاندی ئۆپۆزیسیۆن کەوت کە پێکهاتبوو لە تاڵەبانی، ئەحمەد چەلەبی، ریاز یاوەر، سەلاح شێخلی، شەریف عەلی بن حسێن، محەمەد محەمەد عەلی و نێچیرڤان بارزانی. هەرچەند دیدارەکە بەشێك بوو لە بانگەشەی خۆکاندیدکردنی ئال گۆر بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا، بەڵام بەڵگەی ئەوەش بوو کە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق قورساییەکی دیاری لە هاوکێشە سیاسییەکاندا هەیەو تەنانەت ئەمریکاش لە خۆی رانابینێ بتوانێ پشت گوێی بخات.

لە ماوەی ٧-٨ ی تەموزی ٢٠٠٠ دا ئەنجومەنی ناوەندیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق یەکەم کۆبونەوەی بە ئامادەبونی رێکخەری ئەمریکی فرانك ریچاردۆنی لە لەندەن بەست. لەو کۆبونەوەیە بڕیاری پێکهێنانی هەشت ئۆفیس درا لەوانە ئۆفیسی کارگێڕ کە دکتۆر لەتیف جەمال رەشید لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، راسپێردرا سەرپەرشتیی بکات، سەرباری راسپاردنی بە سەرپەرشتی کردنی ئۆفیسی پەیوەندییە نیشتمانییەکان بە شێوەیەکی کاتی.

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٠٠ی ئەمریکادا، جۆرج بوشی کاندیدی پارتی کۆماری سەرکەوتنی بەسەر ئال گۆری کاندیدی پارتی دیموکراتدا هێنا. ئەمەش رێخۆشکەر بوو بۆ زیاتر تەنگ هەڵچنین بە رژێمی عیراق و زۆرتر پشتگیری کردنی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق. لێرە بە دواوە قۆناغێکی نوێی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان ئەمریکاو ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دەستی پێ کرد. پێداویستییەکانی جەنگی دژە تیرۆر رۆڵێکی دیاریان لە زۆرتر لێك نزیك کردنەوەی ئەمریکاو ئۆپۆزیسیۆنی عیراقدا هەبوو.

لە ١١ی سپتەمبەری ٢٠٠١ دا چەند هێرشێکی تیرۆریستی بە بەکارهێنانی فڕۆکەی مەدەنی کرانە سەر دوو تەلارەکەی سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرك و بارەگای وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پەنتاگۆن) لە واشنتۆن کە بونە مایەی کوژرانی نزیکەی سێ هەزار کەس. ئەم روداوانە گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەر سیاسەتی ئەمریکاو پلانە ئەمنییەکانیدا هێناو لێرە بە دواوە ئەمریکا «جەنگی دژە تیرۆر»ی راگەیاندو تەواوی ستراتیجی ئاسایشی خۆی لەسەر بنەمای تازە داڕشتەوە. لەم چوارچێوەیەدا بە بیانوی داماڵینی چەکە کۆکوژەکانی عیراق، بڕیاری روخاندنی رژێمی عیراق لە رێی ئۆپەراسیۆنی عەسکەرییەوە درا، بەڵام ئەم پرۆسەیە پێویستیی بە پشتیوانی و بەشداریی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بوو بۆ ئەوەی ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنەکە راستگۆیی بەدەست بێنن، پێویستی بە پلانێکیش بوو بۆ قۆناغی پاش روخاندنی رژێم کە ئەمەش بە بێ هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بەڕێوە نەدەچوو.

بۆ تاوتوێ کردنی پلانە کردەییەکان، ئەمریکییەکان پێویستیان بە راوێژ بوو لەگەڵ جەمسەرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق. بەڵام پرۆسەکە پێویستی بە ئۆپۆزیسیۆنێکی کاراو یەکگرتوو بوو بۆ ئەوەی بتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ. ئەمەش بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەیەکی فراوانی ئۆپۆزیسیۆنی هێنایە ئاراوە بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان تێیدا بڕیار لەسەر چۆنێتیی هەماهەنگی لەگەڵ هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ روخاندنی رژێمی عیراق بدەن و پلانێکیش بۆ قۆناغی پاش روخاندنی رژێم گەڵاڵە بکەن. بەڵام ئەمجارە ئەمریکییەکان بە شێوەیەکی تر بیریان دەکردەوەو دەیانویست پێشتر لەسەر هەموو شتێك لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکان رێك بکەون، ئینجا پاشان کۆنگرە فراوانەکە ببەسترێ. لە ٩-١٠ی ئابی ٢٠٠٢ دا چەند سەرکردەیەکی گروپە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لەوانە تاڵەبانی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عەبدولعەزیز حەکیم لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق و ئەحمەد چەلەبی، لە واشنتۆن لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا لە هەردوو وەزارەتی دەرەوەو بەرگری کۆ بونەوە. مەسەلە سەرەکییە ئاڵۆزەکە کە لە کۆبونەوەکان مشتوماڵ کران، چۆنێتیی بەڕێوەبردنی عیراق بوو پاش روخاندنی رژێمی سەددام حسێن. پاش کۆبونەوەکان، بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرەیەکی فراوانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دراو دیاریکردنی کات و شوێنی بەستنی بۆ پاشتر هێلدرایەوە.

ئەو لایەنانەی لە واشنتۆن لەگەڵ ئەمریکییەکان کۆبونەوە، دواتر لەگەڵ یەکتری کۆ بونەوەو لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی ئامادەکار بۆ کۆنگرە رێك کەوتن و لەم رووەوە لەسەر ئەوە هاوڕا بون کە دەبێ کۆنگرە کار بۆ یەکخستنی گوتاری سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بکاو تێڕوانینێك بۆ عیراقی پاش روخانی رژێمی سەددام حسێن گەڵاڵە بکات. راگەیەندراوی هاوبەشی شاندی ئۆپۆزیسیۆن لە واشنتۆن، رونی کردەوە کە سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کۆبونەوەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا، داوایان لە ئەمریکا کردوە گەلی عیراق بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بپارێزێ.

هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتبوو کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ هێنانە ئارای حکومەتێکی دیموکراتی فیدرال تێدەکۆشن و لەسەر بەستنی کۆنگرەیەك بۆ تەواوی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن رێك کەوتون. لەم سەروبەندەدا ریچارد برییل لە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە وەڵامی پرسیارێکدا لە لایەن رۆژنامەنوسانەوە سەبارەت بە پشتیوانیی ناوچەکەو جیهان لە هەوڵی روخاندنی رژێمی عیراق وتی «گەلی عیراق هاوپەیمانی یەکەمی ئەمریکایە لە پرۆسەی گۆڕاندا، بۆیە پێویستمان بە هیچ هاوپەیمانێکی تر نیە».

لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لە ئەیلولی ٢٠٠٢ لە لەندەن کۆ بۆوە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشدار بوو لە کۆبونەوەکەدا. لایەنە بەشدارەکانی دیکە ئەمانە بون: ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق، پارتی دیموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی پاشایەتیی دەستوری و ئەحمەد چەلەبی. زۆریش هەوڵ درا حزبی دەعوەی ئیسلامی بەشداری لە لیژنەی ئامادەکاردا بکا، بەڵام حزبەکە هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بە کۆنگرەکەو ئامانجەکانی نواند، نە بەشداریی لە لیژنەی ئامادەکاردا کرد نە لە کۆنگرەدا. کۆبونەوەکە لیستی ئەندامانی کۆنگرە و ژمارەیان و کات و شوێنی بەستنی کۆنگرەی تاوتوێ کرد. هەر لەو کۆبونەوەیە بڕیار درا کۆنگرە لە ناوەڕاستی تشرینی دووەم ببەسترێ. بەڵام سەبارەت بە شوێنی بەستنی کۆنگرە، بڕیارێکی یەکلاکەرەوە نەدراو وا دانرا کە

کۆنگرەکە لە برۆکسل یان لە  لەندەن ببەسترێ.

لیژنەی ئامادەکار ٣ لیژنەی لاوەکیی پێك هێنا، یەك بۆ گوتاری سیاسی، ئەوی تر بۆ تاوتوێ کردنی بژاردەکانی ئایندەی عیراق و سێیەم بۆ تاوتوێ کردنی قۆناغی گواستنەوە.

لە قۆناغی دواتردا، پاش تاوتوێ کردنی رەوشەکە، بریار درا کۆنگرە لە لەندەن لە رۆژانی ١٤-١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ دا ببەسترێ. بەڵام ژمارەیەك گروپی ئۆپۆزیسیۆن گەلەکۆمەکێیان کردو یاداشتێکیان دایە لیژنەی ئامادەکار بۆ دواخستنی بەستنی کۆنگرەکەو بیانویان بەوە گرت کە گوایە ئامادەکاریی پێویست بۆ کۆنگرە نەکراوە، لەوانە بەرەی تورکمانی، پارتی ئیسلامیی عیراق و بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عیراق. بەڵام لیژنەی ئامادەکار بە دەم داواکەوە نەچوو.

پێش بەستنی کۆنگرە، لیژنەی ئامادەکار ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو گروپە ئیسلامییەکان، بە هاندانی ئێران، بایکۆتی کۆنگرەکە بکەن. بەڵام ئێرانییەکان، دژی هەوڵی ئەمریکا بۆ روخاندنی رژێمی سەددام حسێن نەوەستانەوەو گروپە ئیسلامییە دۆستەکانیان سەرپشك کرد لە بەشداری و بەشداری نەکردن لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق. بەپێچەوانەی ئێرانییەکانەوە، سورییەکان زۆر دژی هەوڵی ئەمریکا بۆ روخاندنی رژێمی سەددام حسێن وەستانەوە.

کۆنگرە لە کاتی دیاریکراودا لە ژێر دروشمی «لەپێناوی رزگارکردنی عیراق و بەدیهێنانی دیموکراسیدا» لە ئوتێلی مترۆپۆل لە شاری لەندەن بەسترا. ئەمریکا بە شاندێکی پایەبەرز کە پێکهاتبوو لە زاڵمای خەلیل زاد نوێنەری حکومەتی ئەمریکاو دیڤد پێرس نوێنەری هەردوو وەزارەتی دەرەوەو بەرگریی ئەمریکا و نوێنەرێکی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی، بەشداریی لە کۆنگرەکەدا کرد. هەروەها نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاو نوێنەرانی باڵیۆزخانەکانی فەرەنسا، چین، بەلژیك، یۆنان، دانمارك و یەکێتیی ئەوروپا بەشدارییان تێدا کرد. لە دەوڵەتانی ناوچەکە، تەنها کوێت بەشداریی لە کۆنگرەکەدا کردو سەرۆکی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی کوێت محەمەد جاسم سگەر نوێنەرایەتیی کرد.

دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرە بۆ خوێندنەوەی وتارەکانی سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و میوانەکان تەرخان کرا. یەکێ لە قسەرەکان تاڵەبانی بوو کە لە وتەکەیدا جەختی کردە سەر پێویستیی بەدیهێنانی گۆڕان لە عیراق، کۆنگرەی بە «مێژوویی و گرنگ» ناو بردو شیکردنەوەی وردی سەبارەت بە دۆخی عیراق پێشکەش کرد، وتی «ئەم رژێمە مایەی کارەسات و وەیشومە بووە بۆ گەلی عیراق و بۆتە هۆی دروستبونی مەترسی لەسەر یەکپارچەیی عیراق. ئەمڕۆ عیراق، بە کردەوە، پارچە پارچەیەو گەلەکەی بە دەم دزێوترین جۆری چەوسانەوەو زوڵم و زۆرەوە دەتلێتەوە. بۆیە ئەرکە بنچینەییەکەمان سەرلەنوێ یەکخستنەوەی عیراقە وەك گەل و خاك و قەوارە. ئێمە وای بۆ دەچین کە عیراقی یەکگرتوو ئەگەر لەسەر بنەمای دیموکراسی و فیدرالی دانەمەزرێ، ناتوانێ پێشکەوێ و ببوژێتەوە». سەبارەت بە فیدرالیزمیش، رونی کردەوە کە فیدرالیزم لە روی مێژوییەوە بۆ «یەکخستن یان سەرلەنوێ یەکخستنی هەرێمەکان لە چوارچێوەی یەك نیشتمان و یەك دەوڵەتدا» داهاتووەو سەرنجی بەلای ئەوەدا راکێشا کە فیدرالیزم مەترسی لەسەر یەکپارچەیی نیشتمان پێك ناهێنێ بەڵکو ئەوەی کە مەترسی لەسەر یەکپارچەیی نیشتمان پێکدێنێ رژێمی عیراقەو دڵنیایی دا کە کۆنگرە «کار بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانە دەکات کە کۆمیتەی ئامادەکردن لە سەرەتاوە هەوڵی جێبەجێ کردنی

داون، لەوانە گوتاری سیاسیی یەکگرتوی گەلی عیراق». هەر لەم سەروبەندەشدا ڕەوایی بە داواکردنی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق بەخشی و وتی «لەسەر بنچینەی بڕیارە نێودەوڵەتییە ڕەواکان، بۆمان هەیە داوای پشتگیریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بکەین بۆ ڕزگارکردنی عیراق و نابێ شەرم لە داواکردنی پشتگیری بکەین چونکە ئەم پشتگیرییە بۆ تێکشکاندنی دیکتاتۆری و هێنانە کایەی ڕژێمێکی دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەیی و فیدرالییە. ئەم پشتگیرییە پشتیوانییە لە خەباتی گەلەکەمان و بەدەستهێنانی مافەکان و جێبەجێ کرنی پرنسیپەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش».

لە دانیشتنەکانی ڕۆژی دووەمدا گفتوگۆ لەسەر دوو دیکۆمێنت کرا. یەکێکیان بە ناونیشانی «پڕۆژەی قۆناغی گواستنەوە» بوو کە تێیدا باسی شێوەی حوکمڕانی و دامودەزگاکان و سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان کرا بوو و تێیدا بە گونجاو زانرا بوو قۆناغی گواستنەوە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ. ئەم تێڕوانینە نەختێك لە تێڕوانینەکەی کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٢ی سەلاحەددین جیاواز بوو کە بڕیاری دابوو قۆناغی گواستنەوە لە یەك ساڵ زیاتر نەبێ. لە دیکۆمێنتی دووەمدا باسی دەستوری ڕژێمە تازەکەی عیراق کرا.

لە دانیشتنەکانی پاشتردا لیژنەیەکی ٦٥ کەسی بە ناوی «لیژنەی بەدواداچون و هەماهەنگی» پێك هێنرا، بەڵام لەبەر کەمیی ژمارەی ژنان و ئیسلامی و لیبرالەکان، بڕیار درا دە کەسی دیکەی بۆ زیاد بکرێ و ژمارەی ئەندامەکانی ببێ بە ٧٥ کەس، بەڵام لە کۆنگرە بوار نەبوو ناوی ١٠ ئەندامە تازەکە دیاری بکرێت، بۆیە ئەم کارە بۆ دوای کۆنگرە هێڵدرایەوە. لە کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانیی کۆتایی کۆنگرەدا تاڵەبانی هەواڵی زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی لیژنەکەی پشت ڕاست کردەوە. لیژنەکە چەند ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە خۆ گرتبوو لەوانە تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، کۆسرەت ڕەسول عەلی. لە حزبە کوردییەکانی دیکە، لیژنەکە چەند ئەندامێکی تێدا بوو لەوانە جەوهەر نامیق سالم، سەلاحەددین بەهادین، قادر عەزیز، مەسعود بارزانی و محەمەد حاجی مەحمود. هەرچەند کۆنگرە دەسەڵاتەکانی لیژنەی بەدواداچون و هەماهەنگیی دیاری نەکردبوو، بەڵام ئەم کۆمیتەیە دەسەڵاتی تەواوی بڕیاردانی هەبوو و بە کردەوە ڕۆڵی سەرکردایەتیی دەبینی.

کۆنگرە بەیاننامەیەکی تێرو تەسەلی دەرکردو کارو تێڕوانینەکانی خۆی بە چڕی تێدا دەرخست. دەقەکە، وەك ئاماژەیەکی ڕون بە نزیکبونەوەی لەناوچونی ڕژێمی سەددام حسێن، نیشانیدا کە عیراق لە سایەی ئەو ڕژێمەدا «لە خراپترین قۆناغی مێژوی سیاسیی هاوچەرخی خۆیدا دەژی». بەیاننامەکە دەری خست کە لە سایەی «فاکتەری نێودەوڵەتی»دا چانسێك بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام حسێن هاتۆتە ئاراوە کە نابێ لە دەست بدرێ. بەیاننامەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە عیراق دەبێتە «دەوڵەتێکی دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەیی فیدرالی» و هەموو پێکهاتەکانی گەلی عیراق بەشدار دەبن لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری سیاسیدا. بەیاننامەکە دانی بەوەدا نا کە شیعەکان زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن و لەسەر دەستی ڕژێمی عیراق و ڕژێمەکانی پێشتر سەرکوت کراون و توشی نەهامەتی و مەینەتی بون کە ئەمەش بۆتە مایەی «شێواندنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی«. بۆیە، لەم سەروبەندەدا، بەیاننامەکە ڕونی کردەوە کە «دەبێ دەستوری نوێی عیراق

گەرەنتیی دوبارە نەبونەوەی ئەم کردەوانە بکات و هەموو پێکهاتەکانی گەلی عیراق بە بێ جیاوازی بپارێزێ». هەروەها بەیاننامەکە دژی شالاوەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کوردو کیمیاباران کردنی هەڵەبجەو شوێنبزر کردنی بارزانییەکان و لەناوبردنی فەیلییەکان و وێرانکردنی ئاوایی و شارۆچکەکان وەستایەوەو نیشانی دا کە ئەم جۆرە کردەوانە بونەتە «مایەی هەژاندنی ویژدانی جیهان».

بەیاننامەکە جەختی کردە سەر بژاردەی فیدرالیزم، پشتیوانیی لە «یەکێتیی ئارەزومەندانە» کردو پێی لەسەر بەدیهێنانی هەموو ئاواتەکانی کورد لەسەر بنەمای «پرنسیپە یاساییە نێودەوڵەتییەکەی مافی چارەی خۆنوسین» داگرت بە جەخت کردن لەسەر «گیانی برایی و یەکێتی و هاوبەشی لە نیشتماندا». بە هەمان پێودانگ، دانی بە مافە نەتەوەیی و کەلتوری و ئیدارییەکانی تورکمان و ئاشورییەکاندا نا.

بەیاننامەکە بە بایەخێکی زۆرەوە مەسەلەی بنیاتنانەوەی هێزە چەکدارەکان و دامەزراوە عەسکەرییەکانی تاوتوێ کردو جەختی کردە سەر پێویستیی دورخستنەوەی سوپا لە سەرکوت کردنی گەل و ئەنگێزەی شەڕوشۆڕی دەرەکی، هەروەك جەختی کردە سەر گرنگیی پاکتاوکردنی ئاسەوارەکانی جەنگی عیراق- ئێران و جەنگی کوێت.

بەیاننامەکە داوای کرد بەرنامەی نەوت بە خۆراك بۆ دابین کردنی خۆراك و دەرمان بۆ هاوولاتییانی عیراق بەردەوام بێ، هەروەك داوای کرد یاسایەکی تازەی رەگەزنامە دەرچوێنرێ کە ئەمەش پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ کوردە فەیلییەکان. هەروەها لە بەیاننامەکەدا بە شێوەیەکی ئەرێنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان هەڵسەنگێنراو داوا کرا ئەو ئەزمونە بکرێ بە نمونە، سودی لێ وەربگیرێ و وەك «هەنگاوێکی پێشکەوتوو» باس کرا.

کۆنگرەی لەندەن کە تاڵەبانی و سەرکردەکانی دیکەی کورد رۆڵێکی سەرەکییان تێدا گێڕاوە، بە گرنگترین کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دەژمێردرێ، لانی کەم لەو تێڕوانینەوە کە سەرکەوتوو بووە لە پاراستنی یەکڕیزیی ئۆپۆزیسیۆن و چەترێکی سیاسیی بۆ روخاندنی رژێمی عیراق دابین کردوە. ئەگەرچی کۆنگرە لە گفتوگۆکان و هەڵوێستە راگەیەندراوەکانیدا دژی بژاردەی جەنگ بۆ روخاندنی رژێمی عیراق وەستایەوە، بەڵام لە راستیدا هەموو ئەو لایەنە بەشداربووەکانی کۆنگرە پشتگیریی روخاندنی رژێمیان دەکرد بە هەر شێوەیەك بێت و بەشێکیان، دواتر، بە کردەوە یان لە روی لوجستیکییەوە، بەشدارییان لە پرۆسەی روخاندنی رژێمدا کرد.

یەکلابونەوەی بڕیاری کۆتایی هێنان بە رژێمی عیراق، دەوڵەتانی ناوچەکەی شڵەژاند. پاش ئەوەی هەواڵەکەیان بە پەژارەوە وەرگرت، بە پرتاو کەوتنە خۆ بۆ بەر گرتن لە روخانی رژێمی عیراق چونکە دەترسان شەپۆلی گۆڕان پاش روخانی رژێمی عیراق سەرتاسەری ناوچەکە بگرێتەوە. ئاستی نیگەرانیی تورکیا لە هەموو دەوڵەتەکانی تر بەرەو ژورتر بوو. لە ٢٣ی کانونی دووەمی ٢٠٠٣ دا نوێنەرانی هەر یەك لە تورکیا، سعودیە، میسر، سوریا، ئوردون و ئێران لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، لە ئەستەنبول کۆ بونەوەو لێکەوتەکانی کۆنگرەی لەندەن و خۆئامادەکردنی ئەمریکایان بۆ روخاندنی رژێمی عیراق تاوتوێ کردو لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا پشتیوانیی خۆیان بۆ هێنانە دیی «رێگە چارەیەکی ئاشتییانە» بۆ مەسەلەی عیراق دەربڕی، دژی بژاردەی شەڕ وەستانەوەو داوایان لە عیراق کرد بەردەوام بێ لەسەر هاوکاری کردنی تیمی پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان (UNMOVIC) و ئاشکراکردنی جبەخانەی چەکە کۆکوژەکانی. هەرچەند بەیاننامەکە

به هیچ چەشنێك ناوی ئەمریکای تێدا نەهاتووە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی دژی ئامانجەکانی ئەمریکا بوو. بەیاننامەکە پێشنیاری کردبوو ئەنجومەنی ئاسایش بڕیار لەسەر پابەندبونی عیراق بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکان بدا، هەروەها تێیدا هاتبوو کە مەسەلەی عیراق «ڕەهەندێکی بەکۆمەڵی هەیە» و کاریگەریی لەسەر تەواوی ناوچەکە هەیە. هەڵوێستی شەش دەوڵەتەکە کاریگەریی لەسەر گۆڕینی پلانەکانی ئەمریکا نەبوو، نەیتوانی بەربەست لە بەردەم پلانی ئەمریکا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام حسێن دروست بکات.

لە سەرەتای شوباتی ٢٠٠٣دا لە گەرمەی خۆسازدانی ئەمریکا بۆ هێرش کردنە سەر عیراق، ئەمریکییەکان دەستیان بە دانوستان لەگەڵ تورکەکان کردو داوایان کرد تورکیا بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی ڕوخاندنی ڕژێمی عیراقدا بکاو هێز بۆ دهۆك و موسڵ بنێرێ. بەڵام تاڵەبانی و بارزانی هاتنی سوپای تورکیایان ڕەت کردەوە. ئەمریکییەکان گەرەنتییان دا کە هێزەکانی تورکیا لە ناوچەکانی سەر سنوری نێودەوڵەتیی عیراق- تورکیا ناترازێن و لە ژێر فەرماندەیی ئەفسەرێکی ئەمریکاییدا دەبن، بەڵام تورکەکان خوازیار بون دەستکراوەتر بن، وایان دەردەبڕی کە هێزەکانیان دەبنە ڕێگر لە بەردەم پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی و لەکاتی سەرهەڵدانی کوشتار لە هەر ناوچەیەکدا، فریای دانیشتوانە هەڕەشەلێکراوەکان دەکەون. ئەمەش ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ ناردنی هێز بۆ کەرکوك بە بیانوی پاراستنی تورکمان.

لە ٦-٧ ی شوباتدا ئەمریکییەکان کۆبونەوەیەکیان لە ئەنکەرە بۆ لێپرسراوانی تورك و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەحمەد چەلەبی و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق ڕێکخست بۆ گەیشتن بە لێك تێگەیشتنێك سەبارەت بە ڕۆڵی تورکیا لە عیراق. لە کۆبونەوەکەدا نوێنەرانی کورد دژی دەستێوەردانی تورکیا وەستانەوە بەڵام گەرەنتییان دا کە کاریگەریی خراپ لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دروست ناکەن.

لە ماوەی ٢٦-٢٨ی شوباتی ٢٠٠٣دا کۆمیتەی هەماهەنگی و بەدواداچون کۆبونەوەیەکی فراوانی بە ئامادەبونی ٥٨ ئەندام لە سەرجەمی ٦٥ ئەندام و بە بەشداریی نوێنەری ئەمریکا زاڵمای خەلیل زاد لە هاوینە هەواری سەلاحەددین بەست. تاڵەبانی دانیشتنەکانی کۆبونەوەکەی بەڕێوە بردو لە وتەی کردنەوەی یەکەم دانیشتنی کۆبونەوەکەدا وتی «ڕزگاری و دیموکراسی دوو دیوی یەك دراون. دیموکراسی بە بێ ڕزگاری نابێ و بەبێ ڕزگاریی گەل و نیشتمان لە دکتاتۆری، دیموکراسی نایەتە دی. هەروەها ڕزگاریی ڕاستەقینە بە بێ ئەلتەرناتیڤی دیموکراتییانە، پەرلەمانی و فیدرالی نابێ. هیوامان دەخواست ڕزگاری و دیموکراسی بە دەستی عیراقییەکان بهاتنایەتە دی. گەلەکەمان لەپێناوی ڕزگاری و دیموکراسیدا سەدان هەزار شەهیدو قوربانییەکی زۆری داوەو بەرگەی کارەسات و نەهامەتی و مەینەتی و ناخۆشیی گرتووە بەڵام بە داخەوە نەمانتوانیوە ئەم ئەرکە پیرۆزە بە دەستی خۆمان بێنینە دی». لە هەوڵێکدا بۆ پاکانەکردن بۆ دروست کردنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا دژی ڕژێمی عیراق، تاڵەبانی وتی «ئەمە یەکەم جار نیە دەوڵەتێکی گەورە مرۆڤایەتی لە دیکتاتۆری ڕزگار دەکا»و لەم ڕووەوە ئەوەی هێنایەوە یاد کە هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمی جیهاندا گەلانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتالیا ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ژاپۆنیان لە فاشیزم ڕزگار کردووە. سەبارەت بە ڕزگاریی عیراقیش، لەو گۆشە نیگایەوە تەماشای

پرۆسەکەی کرد کە بریتیە لە «رزگارکردنی گەلی عیراق لە دیکتاتۆری، بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین، دامەزراندنی کۆمەڵێکی مەدەنی و دیموکرات، هێنانە کایەی حکومەتێکی پەرلەمانیی دیموکرات، مافی گەلی عیراق لە دیاری کردنی سیستمی کۆمەڵایەتی- سیاسیی دڵخوازی خۆی و رێکخستنەوەی بارودۆخی ناوخۆیی خۆی». بە هەمان پێودانگ، وتی« یەکێتیی راستەقینەی عیراق ئەگەر لەسەر چوار بنەما بنەڕەتییەکەی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، فیدرالیزم و مافی هاوولاتیبونی یەکسان دانەمەزرێ، نە دەپارێزرێ نە گەشە دەکات». سەبارەت بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا، وتی« ئێمە هاوبەشی ئەمریکاین لە خەباتدا دژی دیکتاتۆری، دژی ستەم، دژی تیرۆر، لەپێناوی عیراقێکی ئازادی دیموکراتدا».

لە دوایین رۆژی کۆبونەوەکەدا، دەستەیەکی سەرکردایەتی لە جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق، عەبدولعەزیز حەکیم نوێنەری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەیاد عەللاوی سەرۆکی بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانی و عەدنان پاچەچی و ١٤ لیژنەی تایبەتمەندی بۆ رایی کردنی کاروبارەکان پێك هێنران.

لە دانیشتنی کۆتایی کۆبونەوەکەدا تاڵەبانی وتاری داو سوپاسی زاڵمای خەلیل زادی کرد کە بەشداریی لە کۆبونەوەکەدا کردووەو بە «دۆستی خۆشەویست» ناوی هێنا، هەروەها سوپاسی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوشی کرد کە شاندی ئەمریکای بۆ سەلاحەددین ناردووە، هەروەك سوپاسی دیمۆنت سکوێی ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی فەرەنسای کرد کە پشتگیریی روخاندنی رژێمی عیراقی کردووە، لەم سەروبەندەشدا سوپاسی چەند دەوڵەتێکی کرد لەوانە سوریا کە لەمەوبەر زۆر یارمەتیی گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی داوە، هەروەها ئێران کە «لە کاتی مەینەتیی هەڵەبجەو لە سەردەمی شەڕدا دژی رژێمی دیکتاتۆرو لە کاتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەدا» یارمەتیی کوردی داوە، هەروەها تورکیا کە لە کاتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەداو لە سەردەمی سەرۆك تورگوت ئۆزال یارمەتیی کوردی داوەو رێی بە ئەمریکاو بریتانیا داوە بنکەی ئینچەرلیك بۆ پاراستنی کوردستان بەکار بهێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا وتی «پێمان باش نیەو رازی نین» تورکیا بەشدار بێ لە پرۆسەی رزگاریی عیراقداو وای لێك دایەوە کە بەشداریی تورکیا لە پرۆسەکەدا «زیان بە تورکیاو بە پەیوەندیی برایانەی نێوانمان دەگەیەنێ». هەروەها هیوای خواست فەرەنسا واز لە «سیاسەتە کورتبینەکەی» بێنێ و پشتگیریی روخاندنی رژێمی عیراق بکات.

بابەتی پەیوەندیدار:

*سەلاحەددین (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق).

*نیویۆرك (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق).

## پاشکۆی ژمارە١

## بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی لەندەن

بە هۆی ملهوڕی و سەرکوت کردن و تۆقاندن و سەرکێشی و شەڕوشۆڕە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی رژێمی دیکتاتۆری رەگەزپەرست و تایفەگەرەوە، عیراق ٣٠ساڵ زیاترە لە خراپترین قۆناغی مێژوی سیاسیی هاوچەرخی خۆیدا دەژی.

بە درێژایی ئەو ماوەیە، گەلی عیراق هەر لە تێکۆشاندا بووەو زنجیرەیەك هەوڵی بوێرانە بۆ دوایی

هێنان بەو دۆخە نائاسایییەی کە رژێمی داپڵۆسێنەر بە سەر گەلەکەماندا سەپاندویەتی، هاتنە ئاراوە کە توێژێکی فراوانی رۆڵە بەشەرەفەکانی هێزە چەکدارەکان و هێزە سیاسی و جەماوەرییەکانی هەموو گروپە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکان بەشدارییان تێدا کردووە. لەم سۆنگەیەوە بەرگرییەکی رەوا بە هەموو شێوەیەك لەوانە بەرگریی چەکدار سەری هەڵدا کە دواترینیان راپەڕینە سەرفرازەکەی ئازاری ساڵی ١٩٩١ بوو کە ملیۆنان عیراقی بە مەدەنی و عەسکەری و بە کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشوری و بە شیعە و سوننەوە رۆڵیان تێدا گێڕاوەو خەریك بوو رژێم فڕێ بداتە زبڵخانەی مێژوو.

سەرەڕای ئەو هەموو قوربانیدان و خۆبەخت کردنە، هەلومەرجێك لە دەرەوەی توانای گەلە پشودرێژەکەمان، بەربەست بوو لە بەردەم بەدی هاتنی حەزو ئاواتی عیراقییەکان سەبارەت بە بنیاتنانەوەی نیشتمانەکەیان لەسەر بنچینەی دیموکراسی و داد و ئاشتی.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە دەرفەتێکی تر، بە قۆستنەوەی فاکتەری نێودەڵەتی، بۆ روخاندنی رژێمی فاشیست و جێبەجێ کردنی پرۆسەی گۆڕان، بۆ گەلی عیراق هەڵدەکەوێ، ئاسۆیەکی تازەو هاوبەش لە بەردەمماندا دەکرێتەوە کە هانمان دەدا سور بین لەسەر حەتمیەتی بەدی هێنانی ئەم دەستکەوتە نیشتمانییەو پاڵپشتی کردنی پرۆسەی گۆڕان بە قازانجی گەلەکەمان بە شێوەیەکی سەرەکی، بە رەچاوکردنی بەرژەوەندییە رەواکانی دەوڵەتە دراوسێ عەرەبی و ئیسلامییەکانی ناوچەکەو کۆمەڵی نێودەوڵەتی.

لەم پێناوەدا، کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق کە زۆرینەی هێزو رەوت و کەسایەتییە نیشتمانییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی لە خۆ گرتووەو لە ماوەی ١٤-١٥ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٢ لە لەندەن لە ژێر دروشمی « لەپێناوی رزگارکردنی عیراق و بەدیهێنانی دیموکراسیدا» بەستراوە، پەیڕەوی لە پرنسیپ و بڕیارە بنەڕەتییەکانی کۆنگرەو کۆبونەوەکانی لەمەوبەری ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دەکات، بەتایبەتی کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٢ی سەلاحەددین و گوتاری سیاسیی ئابی ٢٠٠٢ی شاندی ئۆپۆزیسیۆن لە واشنتۆن.

لەسەر ئەم بنەمایە، کۆنگرە ئەم بڕیارو راسپاردانەی خوارەوەی دەرکردووە:

١-رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە پرۆسەی گۆڕاندا:

بەشداربووانی کۆنگرە دانیان بەوەدا ناوە کە ئەولەویەت بۆ رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانییە بە هەموو رەوت و رێکخراوە جیاوازەکانییەوە، هەروەك ئەولەویەت بۆ رۆڵی جەماوەری گەلەکەمانە لە سەرتاسەری جوگرافیای عیراق و دان بە گرنگیی ئەم رۆڵە لە تەواوی قۆناغەکانی پرۆسەی داهاتوی گۆڕاندا دەنێن، ئەویش بەو شێوەیەی کە لەگەڵ سروشتی رەوشە مەیدانییەکانی پرۆسەکەو تواناکاندا دەگونجێت.

٢-ئایندەی عیراق و دیموکراسی:

عیراق دەوڵەتێکی دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەیی فیدراڵە (بۆ هەموو عیراقییەکان) بە پشت بەستن بە چەمکی مرۆیی و شارستانییانەی هاووڵاتیبون لەسەر بنچینەی رەتکردنەوەی جیاکاری لە سۆنگەی نژادو ئاین و رەگەزو مەزهەبەوە. لەم سەروبەندەدا کۆنگرە جەخت دەکاتە سەر پێویستیی دانانی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ وڵات بە رەچاوکردنی پێکهاتەی گەلی عیراق و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن و دادوەری لە یەکتری و پابەندبون بە پرنسیپی سەروەریی یاساو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتی و تایبەتەکان و رێزگرتن لە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

٣-ئیسلام ئاینی دەوڵەتە:

ئاینی ئیسلام لە بنەما جێگیرەکانی دەوڵەتی عیراقەو پرنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی یاسادانانن و کۆنگرە جەخت دەکاتە سەر پێویستیی پشت بەستن بە بەها جوانەکانی و رێسا میانڕەوەکانی و بنەما چاکەکانی و رەنگدانەوەی رێبازو بیروباوەڕەکانی لە رۆشنبیری و راگەیاندن و پرۆگرامەکانی پەروەردەدا، لەگەڵ ڕێزگرتن لە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان و بیروباوەڕەکانی تر.

٤-دەوڵەتی یاسا:

بەشداربووانی کۆنگرە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە عیراقی ئایندەدا بە هیچ شێوەیەك جێی پاشاگەردانی و تۆڵەسەندنەوەی کوێرانەو پێشێل کردن و کاری نایاسایی نابێتەوەو لەم سەروبەندەدا هەر دەبێ دادو یاسا سەروەر بن لە چارەسەرکردنی هەموو کەیسەکانی بەردەم دادگاکان و دەزگا یاساییە لۆکال و نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان کە لە هەموو پێشێلکارییە مەدەنییەکان دەکۆڵنەوە لەوانە زەوتکردنی ماف و پارەو پول و تاوانە جینائی و سیاسییە بەڵگەدارەکان بە تاوانەکانی پاکتاوی رەگەزی و جینۆسایدو تاوانەکانی جەنگیشەوە.

٥-بڕیاری سیاسی:

بەشداربووانی کۆنگرە هاوڕان لەسەر بەشداری پێ کردنی هەموو پێکهاتەکانی گەلی عیراق بە عەرەب و کوردو تورکمان و ئاشوری و کلدان و گروپەکانی ترەوە بە موسڵمانە شیعەو سوننەکان و مەسیحییەکان و ئێزدییەکان و ئاینە ئاسمانییەکانی ترەوە، لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری سیاسیدا.

٦-رەتکردنەوەی هەر دەستێوەردانێك کە ویستی گەلی عیراق لە پرۆسەی گۆڕاندا فەرامۆش بکات:

کۆنگرە داوا لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەکات، پشتیوانی گەلی عیراق بێ بۆ رزگاربون لە رژێمی دیکتاتۆرو لەم سەروبەندەدا هەموو شێوەیەکی داگیرکاری، فەرمانڕەوایی عەسکەریی خۆماڵی یان بیانی، ویسایەی دەرەکی و دەستێوەردانی ناوچەیی رەت دەکاتەوە و جەخت لەسەر پێویستیی رێزگرتن لە سەروەریی عیراق و سەربەخۆیی دەوڵەتە دراوسێکان دەکاتەوەو هاوڕایە لەسەر پەسندکردنی پرنسیپەکانی دراوسێتیی باش و هاوکاریی ناوچەیی و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتری و پابەندبون بە تەواوی پەیمان و جاڕنامەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی، لە سەروی هەمویانەوە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و پەیمان و جاڕنامە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی تایبەت بەم مافانە، هەروەها پابەندبون بە پەیماننامەی کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی.

٧-مەسەلەی تایفەگەری و پاکتاوکردنی ئاسەوارەکانی:

شیعەی عیراق، وەك گروپەکانی تر، بە درێژایی قۆناغی رابردوو، بەتایبەتی لە سایەی رژێمی دەسەڵاتداری ئەمڕۆ، توشی چەوساندنەوەو توندوتیژی و پشت گوێ خستن هاتون بە جۆرێك کە مافە مەدەنی و سیاسی و ئابوری و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەکانی گرتۆتەوە کە ئەمەش لە ئەنجامدا بۆتە مایەی شێواندنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی، زۆرترین مەترسیی لەسەر یەکێتیی نیشتمانی و گیانی برایەتی و لێبوردەیی دروست کردووەو بۆتە هۆی چەسپاندنی سیاسەتی سەرکوت کردن و دەزگا تایبەتەکان و رێوشوێنەکانی تەڵەکەبازی و درۆو دەلەسە و فرتوفێڵ بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگای عیراق بە هەموو شەبەنگ و نەتەوەکانییەوە، بە زۆرینەی شیعەشەوە، کە ئەمەش وای کردووە گەلی عیراق یەکێ لەگرنگترین فاکتەرەکانی خۆپاراستنی خۆی لە دەست بدات، سەرباری ئەوەی کە ئەمە وای کردووە سیاسەتی دیکتاتۆری و رەگەزپەرستانەو

تایفەگەری، تەواوی عیراقییەکان بگرێتەوە.

بۆیە کۆنگرە بە پێویستی دەزانێ پەلە لە پاکتاوکردن و قەدەغەکردنی گشت سیاسەتە تایفەگەرییەکان بکات، مشوری هەموو مافە سەلمێنراوە پێشێلکراوەکانی شیعە بخواو لەم رووەوە کۆنگرە سیاسەتە نەگریسەکانی تایبەت بە پێشێل کردنی سەروەریی مەرجەعیەت و حەوزە عیلمییەکان و دەستوەردان لە کاروباریان و تەنگ پێ هەڵچنینیان و سەپاندنی دەستوپێوەندەکان بەسەریاندا، شەرمەزار دەکات. هەروەك دژی کوشتنی مەرجەعە مەزنەکانی ئاین و خێزانەکانیان و زاناکان و گرتن و ئەشکەنجەدانی هەزاران کەس دەوەستێتەوە.

هەروەها کۆنگرە نارەزایی خۆی لە سیاسەتە پەیرەوکراوەکانی رژێم دژی شیعە دەردەبرێ، لەوانە سیاسەتی دەست بردن بۆ مافەکانی دامەزراوەو حەوزەی عیلمییەی نەجەفی پیرۆزو شارە پیرۆزەکانی ترو وێران کردنی مزگەوت و حوسەینییەو سەنتەرە ئیسلامییەکان و کتێبخانەکان و قەدەغەکردنی کتێبەکان و سەپاندنی سانسۆرو رێ نەدان بە پەیرەوکردنی رێ و رەسمە مەزهەبییەکان و وێران کردنی گوندو شارۆچکەکانی شیعەو روخاندنی خانووەکانیان و وشك کردنەوەی ناوچەکانیان و کۆچ پێ کردنیان و نیشتەجێ کردنی هاووڵاتییانی وڵاتانی تر لە زەوییەکانیان و دروست کردنی گومان لەسەر رەچەڵەکی عەرەبییانەو عیراقییانەی شیعە عەرەبە عیراقییەکان و دەربەدەرکردنی شیعە عیراقییە ناعەرەبەکان لە رێی نکوڵی کردن لە عیراقیبونیان و سەندنەوەی رەگەزنامەی عیراقی لێیان و دەستبەسەرکردنی منداڵەکانیان و دەست گرتن بەسەر موڵك وماڵیاندا.

کۆنگرە وای دەبینێ کە دەبێ دەستوری نوێی عیراق گەرەنتیی دوبارە نەبونەوەی ئەم کردەوانە بکات و هەموو پێکهاتەکانی گەلی عیراق بە بێ جیاوازی بپارێزێ.

٨-دەربارەی شاڵاوەکانی جینۆسایدو هەڵەبجەو ئەنفال:

کۆنگرە دژی ئەو جیاوازی کردن و داپڵۆسین و چەوساندنەوە سیستماتیکەیە کە گەلی کوردستانی عیراق لەسەر دەستی رژێمە رەگەزپەرستەکەی سەددام دوچاری بووە، بەتایبەتی شاڵاوەکانی جینۆسایدو ئۆپەراسیۆنە بەدناوەکانی ئەنفال کە زیاتر لە ١٨٠ هەزار هاووڵاتییان گرتۆتەوە، سەرباری هەشت هەزار بارزانی، پێنج هەزار فەیلی و پێنج هەزار هاووڵاتیی دانیشتوی هەڵەبجەو وێرانکردنی هەزاران گوندو شارۆچکە کە بۆتە مایەی هەژاندنی ویژدانی جیهان.

لە کاتێکدا کە کۆنگرە داواکارە کۆتایی بەم سیاسەتە شێتگیرە بهێنرێ، لە هەمان کاتدا جەخت دەکاتە سەر پێویستیی ئاشکراکردنی چارەنوسی قوربانییەکان و بەرز راگرتنی یادیان و قەرەبوکردنەوەی زیانە قورسەکانی کەسوکاریان و بنیاتنانەوەی ئەوەی کە رژێم وێرانی کردووەو کارکردن بۆ دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا.

٩-دەربارەی راگواستن و پاکتاوی رەگەزی و گۆرینی روخساری نەتەوەیی:

کۆنگرە دژی راگواستنی زۆرەملێ و پاکتاوی رەگەزی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گۆرینی شوناسی نەتەوەیی و گۆرینی روخساری نەتەوەیی ناوچەکانی کەرکوك، مەخمور، خانەقین، شنگال، شێخان، زوممار، مەندەلی و شوێنەکانی ترەو داوای نەهێشتنی ئاسەواری ئەم کارانە دەکات، ئەویش لە رێی ئەم رێوشوێنانەی خوارەوە:

أ-گەرانەوەی راگوێزراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان و گێرانەوەی موڵك و ماڵەکانیان و بژاردنەوەی زیانەکانیان.

ب-گێرانەوەی ئەو هاوردانەی کە رژێم لە ناوچە

ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوە نیشتەجێی کردون، بۆ شوێنەکانی پێشویان.

پ-گەڕانەوەی کوردە فەیلییەکان و هەموو ئەو عیراقییانەی کە بە بیانوی رەچەڵەکی ئێرانییانە لە وڵات دەرکراون و دەسەڵات بە ناهەق هاووڵاتێتیی عیراقییانەی لێ داماڵیون و دەستەبەرکردنی رەگەزنامەی عیراقی بۆیان و گێڕانەوەی موڵك و ماڵیان و بژاردنەوەی زیانەکانیان و ئاشکراکردنی چارەنوسی ئەو فەیلییانەی کە لە نیسانی ١٩٨٠ وە شوێنبزرن.

ت-هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو تەگبیرە ئیدارییانەی کە رژێم لە ساڵی ١٩٦٨ بە دواوە بە مەبەستی گۆڕینی واقیعی دیمۆگرافیی کوردستانی عیراق ئەنجامی داون.

١٠-فیدرالیزم و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد:

لە سەروبەندی تاوتوێ کردنی مەسەلەی کوردو رێوشوێنەکانی چارەسەری خوازراودا، کۆنگرە راستیی فرەیی و هەمەجۆریی پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و سیاسیی کۆمەڵگای سەلماندو هاوڕا بوو لەسەر گرنگیی پتەوکردن و سەقامگیرکردنی یەکێتیی نیشتمانیی ئارەزومەندانە بە وەدی هێنانی یەکسانیی تەواوی نێوان هەموو هاووڵاتییان بە رەچاوکردنی ئەو بڕیارانەی کە کۆنگرەی سەلاحەددین و کۆبونەوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و گوتاری سیاسیی دیداری سەرکردایەتیی ئۆپۆزیسیۆن لە واشنتۆن لە ئابی ٢٠٠٢ پەسندیان کردووەو بە لەبەرچاو گرتنی پەسندکردنی پرۆژەیەکی تەواو فیدرال لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە لە دانیشتنی ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢دا.

کۆنگرە رێزی لە گەلی کوردستان و ویستی ئازادانەی گرت سەبارەت بە دیاریکردنی رێوشوێنی گونجاوی شەریکایەتی لەگەڵ رۆڵەکانی نیشتمانی هاوبەش و لەم سەروبەندەدا بە دیار ئەزمونەکانی سیستمی فیدرالییەوە هەڵوەستەی کردو وای دانا کە ئەم سیستمە شێوازێکی گونجاوە بۆ حوکمڕانیی عیراق و لەم سەروبەندەدا وەك بنچینەیەك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دامودەزگا دەستورییەکانی عیراقدا پاش لەناوبردنی رژێمە دیکتاتۆرەکەی سەددام و هێنانە دیی گۆڕانی خوازراو، دەبێ پشتی پێ ببەسترێ.

لەم رووەوە کۆنگرە جەختی کردە سەر ئەوپەڕی پەرۆشیی بۆ یەکێتیی عیراق و پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی لەسەر بنەمای یەکێتیی ئارەزومەندانە.

کۆنگرە جەختی کردە سەر بەجێهێنانی ئاواتە رەواکانی گەلی کوردستان و پاکتاوکردنی هەموو شێوەکانی چەوسانەوەو داپڵۆسین لەسەر بنەمای پرنسیپە یاساییە نێودەوڵەتییەکەی مافی چارەی خۆنوسین و بەرجەستەکردنی گیانی برایی و یەکێتی و هاوبەشی لە نیشتماندا.

١١-مافەکانی تورکمان:

کۆنگرە بابەتی جیاوازی کردن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و تایفەگەری و ئاوارەکردنی تورکمانی هێنایە بەر باس و جەختی کردە سەر گرنگیی دەستەبەرکردنی یەکسانییان لەگەڵ گروپەکانی ترو پەسندکردنی مافە نەتەوەیی و کەلتوری و ئیدارییە رەواکانیان لە چوارچێوەی فۆرمێکی یاسایی دیاریکراوداو جێگیرکردنی ئەو فۆرمە لە دەستوردا.

١٢-مافی ئاشورییەکان:

کۆنگرە لە چەوساندنەوەو سەرکوت کردنی ئاشورییەکانی کۆڵییەوەو ئەوەی سەلماند کە پێویستە یەکسانییان لەگەڵ گروپەکانی تر دەستەبەر بکرێت و جەختی کردە سەر پێویستیی دابین کردنی مافە نەتەوەیی و کەلتوری و ئیدارییە رەواکانیان لە چوارچێوەی فۆرمێکی یاسایی دیاریکراودا و

جێگیرکردنی ئەو فۆرمە لە دەستوردا.

١٣-تراژیدیای ئەهواری عیراق:

ناوچەکانی ئەهوار دوچاری مەینەتییەکی مرۆیی و ژینگەیی بون کە بۆتە مایەی وشککردنەوەی روبەرێکی فراوانی هۆرەکان و وێرانکردنی سەرتاپای ناوچەکەو نەهێشتنی سەرچاوەی ژیان تێیداو راگواستنی دەیان هەزار کەس لە رۆڵەکانی ئەو ناوچەیە، کە ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە رژێمی تازە بە شێوەیەکی تایبەتی مشوری بخوا، دانیشتوانەکەی بگێڕێتەوە بۆ ناوچەکانیان، زیانەکانیان ببژێرێ، یارمەتیی پێویست بۆ بوژاندنەوەی ناوچەکە دابین بکات و سەرچاوەی گوزەرانێکی باش بۆ رۆڵەکانی دەست بخات.

١٤-دەربارەی یاساو بڕیارە ناڕەواکان:

گۆنگرە داوای هەڵپەساردن و پاشان هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساو بڕیارە رەگەزپەرستییە ناڕەوایانە دەکات کە رژێم لە دژی کورد، تورکمان و ئاشورییەکان دەری چواندووە، هەروەك داوای هەڵوەشاندنەوەی یاساو بڕیارە تایفەگەرییەکانی دژ بە شیعە دەکات.

١٥-دەربـــارەی ئـەزمـونـی هـەرێـمـی کوردستانی عیراق:

کۆنگرە ئەزمونی ئـــازادی و دیموکراسی و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق بەرز دەنرخێنێ و پێی وایە ئەم ئەزمونە بە بەڵگەوە نیشانی داوە کە کاتێك عیراقییەکان رزگاریان دەبێ لە دیکتاتۆری، لێیان رادەبینرێ بتوانن سەرکەوتوو بن لە کاری بنیاتنەر. کۆنگرە وای دەبینێ کە دەتوانرێ سود لەم ئەزمونە سەرکەوتووە وەربگیرێت بەو پێیەی کە هەنگاوێکی پێشکەوتووە رووەو گۆڕانی دیموکراتییانەی خوازراو لە عیراقداو چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە رێی دایەلۆگی برایانەی بنیاتنەرو وەلانانی توندوتیژی لە کاری سیاسیدا.

کۆنگرە داوای پاراستن و پشتگیری کردنی ئەم ئەزمونە دەکات، هەروەك داواکاریشە، تا ئەو کاتەی دەستورێکی دیموکراتیی فیدرالیی نوێ بۆ وڵات بە هەرێمی کوردستانی عیراقەوە دەردەچێ، مامەڵە لەگەڵ دامودەزگا یاساییە هەڵبژێردراوەکانی بکرێ و پاشان هێزی پێشمەرگە تێکهەڵکێشی هێزە چەکدارەکانی عیراق بکرێ.

١٦-دامودەزگا ئەمنییەکان:

کۆنگرە سیاسەتی رژێم سەبارەت بە کوشتنی بەکۆمەڵی دەیان هەزار عیراقی و پاکتاوکردنی جەستەیی هەزاران هاووڵاتی و کادیری سیاسی و زانستی و ئەفسەرانی سوپا شەرمەزار دەکات و جەخت لەسەر پێویستیی ئاشکراکردنی راستییەکان دەربارەی هەموو ئەو تاوانانە دەکات و داواکارە بەپێی یاسا ئەو کەسانەی لەو تاوانانە بەرپرسیارن بدرێنە دادگا. هەروەها بە پێویستی دەزانێ ئەو دەزگا سەرکوتکەرانە هەڵبوەشێنرێنەوە کە رژێم بۆ سەرکوت کردن و تۆقاندنی هاووڵاتییان دروستی کردون، هەروەك بە پێویستی دەزانێ دەزگای ئاسایش بەپێی یاسا سەرلەنوێ رێك بخرێتەوە بە چەشنێك کە رێز لە یاساو مافی هاووڵاتیبون و مرۆڤ و ئاسایشی وڵات بگرێ.

١٧-سوپاو هێزە چەکدارەکان:

بەشداربووانی کۆنگرە جەختیان کردە سەر گرنگیی بنیاتنانەوەی دامودەزگا سەربازییەکان و هێزە چەکدارەکانی عیراق لەسەر بنەمایەکی پیشەیی و نیشتمانیی رێکوپێك، دور لە ئەنگێزەکانی ملیتاریزەکردنی کۆمەڵگاو ململانێ ناوخۆییەکان و سیاسەتەکانی جیاوازیی نەتەوەیی و تایفەگەری و وەلانانی پرۆژەکانی پەرەپێدانی چەکی کۆکوژو هەموو ئەو چەکانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتان قەدەغەکراون و دورخستنەوەی سوپا لە سەرکوت کردنی ناوخۆیی و دەستدرێژیی دەرەکی و دیاریکردنی

ئەرکەکەی بەوەی کە بریتییە لە بەرگری کردن لە نیشتمان و ئاوەدانکردنەوە.

١٨-رەوشی ئابوری و نەهێشتنی ئاسەواری دوو جەنگی ماڵوێرانکەر:

کۆنگرە لێپرسراوەتیی خراپیی رەوشی ئابوری و گوزەران و ئاسایش و کۆمەڵایەتیی عیراق دەخاتە ئەستۆی رژێمی دەسەڵاتدارەوە کە ملیۆنەها رۆڵەی عیراقی لە دەرەوەی وڵات دەربەدەرو ئاوارە کردووەو لەم سەروبەندەدا رێزی بۆ ئەو دەوڵەتە دۆستانە هەیە کە میوانداریی ئاوارەکانیان کردووەو شوێنی حەوانەوەو کارئاسانییان پێشکەش کردون.

هەروەها کۆنگرە لێپرسراوەتیی ئەخلاقی و یاسایی و مێژوویی هەڵگیرساندنی هەردوو جەنگی دژ بە ئێران و کویتی دراوسێ دەخاتە ئەستۆی رژێمی سەددامەوەو بۆ ئازادکردنی دیل و گیراوەکان و کۆتایی هێنان بە ئاسەوارو لێکەوتەکانی ئەو قۆناغە، داوای هاوکاری لە هەردوو دەوڵەتی دراوسێ دەکات و گەرەنتیی بەکار نەهێنانی خاکەکەی بۆ دەستدرێژی کردنە سەر دەوڵەتەکانی تر دەکات.

کۆنگرە هۆی سەرەکیی سەپاندنی گەمارۆو سزاکان بەسەر عیراقدا دەخاتە ئەستۆی رژێمی دەسەڵاتدارو داوا لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی دراوسێ دەکا بە هەست کردن بە لێپرسراوەتی مامەڵە لەگەڵ رژێمی تازەدا بکەن و بۆ دوایی هێنان بە رەوشە نائاساییەکان و پاکتاوکردنی تەواوی ئاسەوارە کردەیی و یاساییەکان بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاریی بکەن بۆ ئەوەی عیراق بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵی نێودەوڵەتی و بازنە ناوچەییەکانی خۆی و بە ئاشتی و ئارامی بژی.

هەروەها داوا لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە دۆستەکان و دەزگاو دەستە نێودەوڵەتییەکان دەکات لە قۆناغی گواستنەوەدا یارمەتیی عیراق بدەن بۆ ئەوەی رەوشی مەینەتباری گەلەکەی تێپەڕێنێ، ئەویش لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی گشتگیردا بە بەشداریی چەندین لایەن و لە بوارە جیاوازەکاندا.

هەروەها جەخت دەکاتە سەر پێویستیی ئەم هەنگاوە بەپەلای خوارەوە:

أ-خستنە گەڕی بڕێکی زۆری داهات بۆ عیراق لە لایەن ناوەندە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانەوە.

ب-رێگەدان بە عیراق بۆ بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانای ناردنە دەرەوەی نەوت.

پ-دانوستاندن لەگەڵ لایەنە قەرزدەرەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی قەرزەکان و قەرەبووکردنەکانی سەر عیراق.

ت-داواکردن لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی دەوڵەتە دۆستەکان، بۆ ئازادکردنی پارە بلۆککراوەکانی عیراق لە دەرەوەو پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ ئاشکراکردنی سامانی سەددام و دەستوپێوەندەکانی و کەسەکان و کۆمپانیا ساختەو راستەقینەکان و ئەو ئەژمارانەی لە زۆر وڵات بە ناویانەوە تۆمار کراون و دەستگرتن بەسەریاندا بەو پێیەی کە ئەمانە بەشێکن لە دارایی گشتیی گەلی عیراق.

ج-هەروەها کۆنگرە داوا لە دەسەڵاتی نوێ دەکات لە تەواوی ئەو رێککەوتنە بازرگانی و ئابوری و نەوتییانە بکۆڵێتەوە کە عیراق لە ئابی ١٩٩٠ وە لەگەڵ کۆمپانیاو دەوڵەتان ئەنجامی داون، لە روی یاساییەوە تاوتوێیان بکات و بەرژەوەندیی عیراقی تێدا دیاری بکات.

چ-کۆنگرە بە شێوەیەکی تایبەت داوا لە دەسەڵاتی نوێ دەکات هاوکار بێ لەگەڵ ئێران و کوێت بۆ ئازادکردنی دیل و گیراوەکانی هەردولاو کۆتایی هێنان بە تەواوی ئاسەوارە نەرێنییەکانی تر.

١٩-پرۆگرامی نەوت بە خۆراك:

کۆنگرە وای بۆ دەچێ کە پێویستە پرۆگرامی

نەوت بە خۆراك كە خۆراك و دەرمان دابین دەكات، هەر بەردەوام بێت، ژێرخانی گەلی عیراق سەرلەنوێ بنیات بنرێتەوە، كار بۆ چاككردنی لایەنە خراپەكانی بكرێ تا ئەو كاتەی پێداچونەوە بە بڕیارە پەیوەندیدارەكانی ئەنجومەنی ئاسایشدا دەكرێ و دەسەلاتی نوێ بەرنامەی پوخت بۆ دابین كردنی رێوشوێنی ژیانێكی بەختەوەر بۆ گەل دادەنێ، بەتایبەتی بۆ چینە هەژارو دەستكورتەكان بە رەچاوكردنی بەرنامەكانی پەرەپێدان و دابەشكردنی دادپەروەرانەی داهاتەكان بەسەر هەموو هەرێم و ناوچەكانی ولاتدا.

٢٠-یاسای نوێی رەگەزنامە:

بەشداربووانی كۆنگرە دانیان بەوەدا ناوە كە پێویستە یاسایەكی مرۆیی و مۆدێرن بۆ رەگەزنامە دەربچوێندرێ كە پلەبەندی كردنی هاوولاتیبون هەڵبوەشێنێتەوەو ئەو كەلێنانە نەهێڵێت كە بۆ بێبەش كردنی دەیان هەزار عیراقی لە شوناسی نیشتمانی بەكار هێنراون و كاركردن بۆ گەڕانەوەی هەمویان بۆ عیراق پاش روخانی رژێم و چارەسەركردنی ئاسەوارە خراپەكانی كردەوە زۆرەملێ و نامرۆییەكان.

٢١-ئاسانكردنی گەڕانەوەی دەركراوو ئاوارەو پەنابەرە عیراقییەكان:

بەشداربووانی كۆنگرە دانیان بەوەدا ناوە كە پێویستە دەسەلاتی راگوزەر دەستبەجێ كارئاسانی بۆ گەڕانەوەی ملیۆنان دەركراوو ئاوارەو پەنابەری عیراقی لە تاراوگە بكات و پێداویستییە بنەڕەتییەكانی ئاسان كردنی بە خێرایی گەڕانەوەیان بە خاوو خێزانەوە دابین بكات بۆ ئەوەی بتوانن بەشدار بن لە ئاوەدان كردنەوەی نیشتمان و گێڕانەوەی موڵك و ماڵی دەركراوەكان و بژاردنەوەی زیانەكانیان.

٢٢-رۆڵی كادیرە ئەكادیمی و زانستییەكان:

بەشداربووانی كۆنگرە بە باشی دەزانن رێكخراوە ئەكادیمی و پسپۆرەكان و هەموو زانا عیراقییەكانی خاوەن ئاستێكی بالای لێوەشاوەیی و پلەی زانستی، دەم و دەست پاش روخانی رژێم، شارەزایی خۆیان بخەنە خزمەتی پلانە هەنوكەیی و ئایندەییەكانەوە لە هەموو بوارەكاندا.

كۆنگرە سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ئازادی لە عیراق دادەنەوێنێ و هاودەردیی خۆی بۆ ئەو دەیان هەزار زیندانی و گیراوە سیاسییە دەردەبڕێ كە ساڵەهایە ژیان لە بەندیخانەكاندا بەسەر دەبەن، هەروەك هاودەردیی خۆی بۆ كەسوكاریان دەردەبڕێ. هەروەها كۆنگرە سلاو بۆ هاوولاتییانمان لە ناوخۆی عیراق و بۆ هەر قوژبن و بستێكی ولات دەنێرێ و شانازی بە گیانی خۆڕاگریی قارەمانانەوە دەكات كە گاڵتە بە كۆمیدیای راپرسییەكان و شانۆگەریی بەردانی زیندانییان و پرۆسەكانی شێواندن و ساختەكردنی ویستی گەلی عیراق دەكەنو گەلی عیراق دڵنیا دەكاتەوە كە كاتی رزگاربونی زۆر نزیك بۆتەوە.

تێبینی: دەقەكە لە عەرەبییەوە كراوە بە كوردی.

## پاشكۆی ژمارە ٢

## وتاری تاڵەبانی لە كۆنگرەی لەندەن (٢٠٠٢)

هەر ئەم بەیانییە ئاگادار كرامەوە كە لە دانیشتنی كردنەوەی كۆنگرەدا وتارم هەیە، بۆیە فریا نەكەوتن هیچ بنوسم.

سلاوم بۆ هەموو ئامادەبووانی ئەم كۆنگرە مێژوویی و گرنگە هەیە كە هیوادارم مایەی سەرفرازیی هەموو كۆنگرەكانی پێشوومان بێت و ببێ بە مایەی بناغەدانان بۆ عیراقی نوێ، عیراقی پاش دیكتاتۆری كە لەسەر بنەماكانی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ و فیدرالیزم و مافی هاوولاتیبونی

یەکسان و فرەیی دادەمەزرێ.
ئـەم کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی گرنگە هەرچەند هەندێ لە براکانمان لێی رازی نین و بەشداریشی تێدا ناکەن، بەڵام زۆر هێزی بنچینەیی و کارا لە نـاو نیشتمان و لە دەرەوە، بەشداریی تێدا دەکـەن. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی عیراقییانەی راستەقینەیە و گوزارشت لە ویستی گەلی عیراق دەکـات کە خـوازیـارە لە دیکتاتۆری و تۆقاندن رزگـاری بێت چونکە رژێمی دیکتاتۆر عیراقی توشی چەندەها نەهامەتی و مەینەتی کـردووە کە لە سـەردەمـی هـۆلاکـۆوە چەشنی نیە. دەسـتـی ئـەم رژێـمـە چـۆتـە خوێنی سـەدان هـەزار عیراقی. هەر ئەم رژێمەشە کە جەنگی جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد هەڵگیرساندووە، هەروەك هەر ئەم رژێمەشە کە هێرشی کردۆتەوە سەر ئێرانی دراوسێ، ئەو ئێرانەی کە لە کاتی تەنگانەدا فریای گەلی عیراق کـەوتـووە. هـەر ئـەم رژێمەشە کە هێرشێکی زاڵمانەی کردۆتە سەر کوێت، لە کاتێکدا کوێت بە پارەو پول و کۆمـەك یارمەتیی رژێمی دیکتاتۆری داوە، تەنانەت لە جەنگە زاڵمانەکەشی بۆ سەر ئێرانی دراوسێ. ئەم رژێمە مایەی کارەسات و وەیشومە بووە بۆ گەلی عیراق و بۆتە هۆی دروستبونی مەترسی لەسەر یەکپارچەیی عیراق. ئەمڕۆ عیراق، بە کردەوە، پارچە پارچەیەو گەلەکەی بە دەم دزێوترین جۆری چەوسانەوەو زوڵـم و زۆرەوە دەتلێتەوە. بۆیە ئەرکە بنچینەییەکەمان سەرلەنوێ یەکخستنەوەی عیراقە وەك گەل و خاك و قەوارە. ئێمە وای بۆ دەچین کە عیـراقی یەکگرتوو ئەگەر لەسەر بنەمای دیموکراسی و فـیـدرالـی دانـەمـەزرێ، نـاتـوانـێ پێشکەوێ و ببوژێتەوە. لـێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر فیدرالیزم دەکەم. لە روی مێژووییەوە، فیدرالیزم بۆ یەکخستن یان بۆ سەرلەنوێ یەکخستنی هەرێمەکان لە چوارچێوەی یەك نیشتمان و یەك دەوڵەتدا داهاتووە. رژێمی فیدرال سیستمێکی مۆدێرنی بەڕێوەبردنە. ئەمڕۆ دەوروبەری حەفتا دەوڵەت لە جیهاندا دەوڵەتی فیدراڵن. فیدرالیزم هەڕەشە لە یەکپارچەیی نیشتمان ناکـات، بەڵکو یەکێتیی نیشتمانی بەهێزتر دەکـات. فیدرالیزم بەم واتایە دێت کە جەماوەر دیموکراسی جێبەجێ بکات. فیدرالیزم مایەی پتەوکردنی یەکپارچەیی عیراق و برایەتیی کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشورییەکانە لە چوارچێوەی یەك نیشتمانی سەربەخۆی یەکگرتووی خاوەن سەروەریدا. بۆیە ئەوەی کە مایەی مەترسییە بۆ سەر عیراق، رژێمی دیکتاتۆرە. ئەو ژاوەژاوەش کـە دەستوپێوەندەکانی رژێـم دژی ئـەم کۆنگرەیە دەیـوروژێـنـن، چاکترین بەڵگەیە لـەسـەر گرنگیی ئـەم کۆنگرەیەو سەلمێنەری ئـەو رۆڵـە گرنگەیە کە ئومێدەوارین بتوانین بە باشی ئەنجامی بدەین. هیواداریـن بە یەکگرتویی لەم کۆنگرەیە دەرچین و هیواداریـن کۆنگرە بانگەواز بۆ لایەنە بەشدارنەبووەکان بڵاو بکاتەوە تاکو بگەڕێنەوە بۆ ناو ریزی یەکگرتوو و هـاوکـارمـان بن لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەدا. هەروەها هیواداریـن بڕیارەکانی کۆنگرە دروسـت و واقیعی بن و لـەگـەڵ پێداویستییەکانی رزگارکردنی عیراق و یەکخستنی هێزەکانی گەلی عیراق بسازێن. دواجاریش لـەگـەڵ عیراقی ئایندە، عیراقی دیموکراسی و فیدرالی و فرەیی، عیراقی کـوردو عـەرەب و تورکمان و ئاشورییەکان، عیراقی مەسیحییەکان و موسڵمانەکان، عیراقی شیعەو سوننە، عیراقی هەموان بە بێ جیاوازی، بەبێ جیاکاریی نەتەوەیی و بەبێ جیاکاریی تایفەگەری، لە سایەی حکومەتێکدا لە ناوەند کە هەموو عیراقییەکان، بەپێی تواناو خزمەتەوە، بەشداریی تێدا دەکەن.

خوشکان و برایان

بێگومان هەموتان دەزانـن کورد هەمیشە بەشدار

بووە لە سەقامگیرکردنی یەکێتیی نیشتمانیی عیراقدا و هەروەها لە پتەوکردنی ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقدا. مێژوی کۆنگرەکانی عیراق گەواهی دەدەن کە کورد رۆڵی هەبووە لە یەکپارچەکردنی ئۆپۆزیسیۆنداو بریا ئەم کۆنگرەیە لە کوردستان دەبەسترا وەك هێزە بنچینەییەکانی کوردستان داوایان کردبوو، بەڵام بارودۆخەکە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتە گونجاو نەبوو.

کورد لە نیشتمان و ئاین و ئاییندەدا برای ئێوەیەو چاوەڕێی ئەوەتان لێ دەکا پشتیوانی لە ئاواتە رەواکانی بکەن، زوڵم و زۆری لەسەر لابەرن و پشتیوانی بن لە دوایی هێنان بە سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی. تکا لە هەموتان دەکەم و لە برا ئیسلامییەکان بەتایبەتی، ئەوەتان لە یاد بێ کە رژێمی دیکتاتۆر بەوەی کە وشەی ئەنفالی لە جەنگی جینۆسایدکردنی گەلی کورددا بەکار هێناوە، خراپەی بەرامبەر بە ئیسلام کردووە، ئەو جەنگەی کە بۆتە مایەی شوێن بزرکردنی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار هاووڵاتیی ژن و پیاوو منداڵ کە بێ گوناە بون و نەشدراون بە دادگا، بەڵکو بە زیندویی لە بیاباندا زیندە بەچاڵ کراون، لەبەر هیچ نا هەر لەبەر ئەوەی کوردن.

برایانی هێژا

برا کوردەکانتان بەشدارن لەم گۆنگرەیەداو کار بۆ سەرخستنی دەکەن. هەر لە سەرەتاشەوەو ئێستاش و تا کۆتایی، ئامادەی دابین کردنی هەموو کارئاسانییەکین بۆ سەرخستنی ئەم کۆنگرەیە، چونکە سەرخستنی ئەم کۆنگرەیە یەکسانە بە سەرخستنی ئەرکی رزگارکردنی عیراق، سەرخستنی یەکێتیی نیشتمانیی راستەقینەی عیراق، سەرخستنی یەکڕیزیی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق. ئێمە نەمانگوتووە نوێنەرایەتیی تەواوی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین، بەڵکو ئێمە دەزانین لە دەرەوەی ئەم کۆنگرەیە هێزی تر هەیە کە دژی دیکتاتۆری تێکۆشاون و شەهیدیان لەپێناوی نیشتمان و لەپێناوی ئامانجی هەمواندا داوەو هاوپەیمانی هەندێ لە هێزەکانی ناو ئەم کۆنگرەیەن. بەڵام گلەیی لەوانە دەکەین کە بە شێوەیەکی زاڵمانەو نادروست هێرشیان کردۆتە سەر ئەم کۆنگرەیە. پێویستە ناکۆکیی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق روخسارێکی شارستانییانە وەرگرێ. تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەم کۆنگرەیەو لەسەر شێوازەکانی کاریش هاوڕا نەبین، خۆ دەبێ ئەم رێکنەوتنە چوارچێوەی برایانەی خۆی نەبەزێنێ، ئەویش بۆ تۆکمەکردنی یەکێتیی نیشتمانی و تۆکمەکردنی یەکڕیزیی ئۆپۆزیسیۆن، نەك تۆمەتبارکردنی یەکتری بە شێوەیەکی زاڵمانە یان بەکارهێنانی وشەی نەشیاو.

ئێمە دڵنیاین کە ئەم کۆنگرەیە کار بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانە دەکات کە کۆمیتەی ئامادەکردن لە سەرەتاوە هەوڵی جێبەجێ کردنی داون. لەوانە گوتاری سیاسیی یەکگرتوی گەلی عیراق. ئومێد دەخوازین ئەم گوتارە واقیعی بێت، لەگەڵ حەزو ئاواتی هەموو عیراقییەکاندا بسازێ و راستییەکانی سەر گۆڕەپانی عیراق لەبەرچاو بگرێت. بە شێوەیەکی تایبەت، دەبێ پەی بەوە بەرین کە لە ناو وڵات زۆر هێزی بەرهەڵستکاری دژ بە رژێمی دیکتاتۆر هەیە کە هێشتا نەیانتوانیوە، بە قەد ئەوەی کە پێویستە، ریزەکانیان یەکخەن یان لەگەڵ ئێمە بەشداری لەم گۆنگرە مێژوییە گرنگەدا بکەن. بۆیە دەبێ لە کاتی بڕیاردانەدا ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە لە ناو وڵات هێزو تێکۆشەری تر هەیە کە ئەوانیش رۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕانە دیموکراتییە گشتلاییە خوازراوەکەدا دەبێ. حەزمان دەکرد ئەم گۆڕانە دیموکراتییە ریشەییە لەسەر دەستی هێزە عیراقییەکان بێتە دی بەڵام دەبێ

واقیعبینانە سەیری مەسەلەکە بکەین و دان بەوەدا بنێین کە دەیان ساڵە عیراقییەکان قوربانی و شەهید دەدەن و تا ئێستا نەیانتوانیوە رژێم بگۆڕن چونکە مەسەلەی عیراق بەنێودەوڵەتی کراوە.

بۆیە، لەسەر ئەم بنچینەیەو لەسەر بنچینەی بڕیارە نێودەوڵەتییە رەواکان، بۆمان هەیە داوای پشتگیریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بکەین بۆ رزگارکردنی عیراق و نابێ شەرم لە داواکردنی پشتگیری بکەین چونکە ئەم پشتگیرییە بۆ تێکشکاندنی دیکتاتۆری و هێنانە کایەی رژێمێکی دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەیی و فیدرالییە. ئەم پشتگیرییە پشتیوانییە لە خەباتی گەلەکەمان و بەدەستهێنانی مافەکان و جێبەجێ کردنی پرنسیپەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش. ئێمە پێویستمان بە لێبوردەیی و پشت گوێ خستنی مەسەلە بچوك و پەراوێزی و ناسەرەکییەکانە لەپێناوی بەدیهێنانی یەکڕیزیی نیشتمانی لە عیراق، بەتایبەتی یەکڕیزیی ئۆپۆزیسیۆن. هەر بۆیە من داوا لە هەموان دەکەم بە گیانی لێپرسراوەتیی نیشتمانی کار بکەن، لەپێناوی سەرخستنی ئەم کۆنگرەیەو بۆ ئەوەی بە بڕیاری راست و دروست لەم کۆنگرەیە دەرچین و بۆ جیهانی بسەلمێنین کە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق وەك لە ئامانجدا یەکگرتووە، دەتوانێ لە کارو رێوشوێنەکانی تێکۆشانیشدا یەکگرتوو بێت.

هیوای سەرکەوتن بۆ هەموتان دەخوازم. سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە بەشداری لەم کۆنگرەیەدا دەکەن. سوپاسی ئەو دەوڵەتانەش دەکەم کە نوێنەریان بۆ بەشداری کردن لەم کۆنگرەیە ناردووە لەوانە ئەمریکا، کوێت و دەوڵەتەکانی تر. هەروەها سوپاسی ئەو دەوڵەتەش دەکەم کە میوانداریی کردوین، ئەو دەوڵەتەی کە لە رابردوودا وڵاتەکەمانی داگیر کردبوو و لەم کۆنگرەیە هەندێ لە مافەکانمان پێ بەخشیوەتەوە.

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## دەقی راگەیاندنی هاوبەشی کۆبونەوەی ئیستانبول (٢٠٠٣)

ئێمەی وەزیرانی دەرەوەی میسر، ئێران، ئوردن، سعودیە، سوریاو تورکیا ئەمڕۆ بۆ گوزارشت کردن لە سوربونمان لەسەر بەدیهێنانی رێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ مەسەلەی عیراق کۆ بوینەتەوە.

تارمایی جەنگێك لە عیراق لە دورەوە دیارە. وڵاتانی ناوچەکە دژی هەڵگیرسانی جەنگێکی دیکەن بەو هەموو سەرەنجامە وێرانکەرەوە کە لێی دەکەوێتەوە. نابێ جەنگ ببێ بە بژاردەی یەکلاکردنەوەی ئەم قەیرانە. گەلی عیراق زۆر بە سەختی بە دەم دوو جەنگی یەك لە دوای یەکەوە دەتلێتەوەو ناوچەکە، پاش دوو دەیە لەم دوو جەنگە، هێشتا بە دەم ئاکامە سیاسییە ناپێشبینیکراوەکان و لێکەوتە ئابورییەکانی هەردوو جەنگەوە دەناڵێنێ.

بۆیە بە توندی داوا لە سەرکردایەتیی عیراق دەکەین، لێبڕاوانەو راستگۆیانە، بەرپرسیارێتیی خۆی لە ئەستۆ بگرێ و کار بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بکات. بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە، داوا لە عیراق دەکەین:

-بەردەوام بێ لەسەر هاوکاری کردنی کۆمیتەی چاودێری و پشکنینی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم و رەفتارێکی کاراتر سەبارەت بە پێشکەش کردنی تۆماری زانیارییەکان و

بابەتەکانی پەیوەست بە چەکی کۆکوژ، بەو چەشنەی کە لەگەڵ بڕیاری ژمارە ١٤٤١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا دەگونجێ، بنوێنێ.

-جەخت کردنە سەر پابەندبونی بە بڕیارە پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە پرۆسەکانی چاودێری و پشکنین.

-دەستپێکردنی سیاسەتێك بۆ دروست کردنی متمانەیەکی سەقامگیر لای دراوسێکانی عیراق و رێزگرتن لە سنوری نێودەوڵەتیی دانپێدانراو بەپێی پەیمان و رێککەوتنە واژۆکراوەکان و یەکلاکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ دراوسێکانی عیراق.

-هەنگاونان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەرەو بەدی هێنانی تەبایی نیشتمانی بە جۆرێك کە ببێ بە مایەی پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عیراق. لەم سەروبەندەدا ئێمە پێداگیریی تەواو لەسەر پشتگیری کردنی یەکێتیی زەمینی و نیشتمانیی عیراق دەکەین. ئەم پێداگیرییە کە پشت ئەستورە بە گەرەنتییەکانی بڕیارە پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، گەرەنتییەکی مسۆگەرە بۆ گەلی عیراق بۆ بنیاتنانی ئایندەیەك لەسەر بنەمای ئاسایش و ئازادی و خۆشگوزەرانی.

داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش دەکەین، لەباتی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لێپرساوەتیی سەرەکیی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بگرێتە ئەستۆ، ئەویش بەپێی ماددەی ٣٤ ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەم پێیە ئەنجومەن ئەندازەی پابەندبونی عیراق بە بڕیارەکانی ئەنجومەن و دڵنیابون لە جێبەجێ کردنی تەواوی بڕیارەکان، دیاری بکات.

لەسەر ئەم بنچینەیە، دەبێ رۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش لە پرۆسەکەدا تەواو بەردەوام بێ، ئەویش لەبەر پێویستیی بەدی هێنانی ئامانجەکانی پرۆسەی پشکنین لە عیراق.

مەسەلەی عیراق رەهەندێکی بەکۆمەڵی هەیەو پێش هەر شتێك کاریگەریی لەسەر تەواوی ناوچەکە هەیە، بۆیە پێویستە لەسەرمان ئەم تێڕوانینە ناوچەییەی کە دەرمانبڕیوە، بە چاکی تێ بگەین و لەم سۆنگەیەوە ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکاری کردنی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ گەیشتن بە رێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ قەیرانەکە دەردەبڕین.

هەروەها پێمان باشە دیسان جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەو تەگبیرانەی کە عیراق دەیانگرێتە بەر، دەبنە هەنگاوێك بەرەو داماڵینی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چەکی کۆکوژ بەو جۆرەی کە لە دەقی بڕیاری ژمارە ٦٨٧ی ئەنجومەنی ئاسایشدا هاتووە. لێرەدا دیسان جەخت دەکەینەوە سەر پابەندبونمان بە گەیشتن بە رێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ مەسەلەی فەلەستین و جێبەجێ کردنی هەموو بڕیارە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی هێنانە دیی ئاشتییەکی سەرتاپاگیرو هەمیشەیی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەروەها ئێمە لەسەر ئەوە رێك کەوتوین کە ئەم دەستپێشخەرییەی شەش دەوڵەتەکە ، پرۆسەیەکە ئامانجەکەی گەیشتنە بە رێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ قەیرانی عیراق، سەرباری ئەوەی کە تا چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی ناوچەکەمان و بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان، هەر کار بەم دەستپێشخەرییە دەکەین.

ئێمەی وەزیرانی دەرەوە کە لە ئەستەمبول کۆ بوینەتەوە، سوپاسی کۆماری تورکیا دەکەین کە میوانداریی ئەم کۆبونەوەیەی کردووە، هەروەك ئامادەشین، لە کاتی پێویستدا، کۆبونەوەی داهاتوو لە دیمەشق ببەستین.

## لەیلا قاسم (ڕێکخراو)

ڕێکخراوی ژنان. ساڵی ١٩٧٧ وەسفیە بەنی وەیس و شەونم محەمەد غەریب وەك ڕێکخراوێکی سەر بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە سلێمانی دایانمەزراندوە. ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە ٣٢ کەس بووە، لەوانە ژمارەیەکی بەرچاویان پزیشك و ئەندازیارو کارمەندو خوێندکاری زانکۆ بون.

یەکەم چالاکیی ڕێکخراوەکە، دەرکردنی ڕاگەیەنراوێك بوو بە بۆنەی ٨ی مارسەوە. ڕێکخراوەکە لە ماوەی دەستبەکاربونیدا چەند خولێکی هۆشیاریی سیاسیی بۆ ئەندامەکانی کردۆتەوەو ڕۆڵێکی دیاریشی لە پەخش کردنی بڵاوکراوە و چاپکراوەکانی شۆڕشدا بینیوە، سەرباری ئەوەی کە ئەندامەکانی بەشدار بون لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ئەو سەردەمەدا.

ساڵی ١٩٧٨ ڕێکخراوەکە پەرەی بە هەڵسوڕان و چالاکییەکانی داو دوو لقی کردەوە، یەکێکیان لە بەغداکە لە٣ کەس پێکهاتبوو، ئەوی تر لە هەڵەبجە کە ژمارەی ئەندامەکانی ٨ کەس بوو. ساڵی ١٩٨٢ ڕێکخراوەکە، بۆ نیشاندانی ناڕەزایی، هیچ نوێنەرێکی بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بۆ خڕی ناوزەنگ نەنارد چونکە پێی وابوو سەرکردایەتیی کۆمەڵە هێشتا پێگەیەکی شیاوی بۆ ڕۆڵی ژنان لەبزوتنەوەی سیاسیدا دیاری نەکردووە.

ئەگەرچی ڕێکخراوەکە سەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو، بەڵام پەیوەندیی بەتەونی ڕێکخستنەوە نەبوو، ئەوەندە سەربەخۆیی پێ درابوو کەزۆرتر وەك ڕێکخراوێکی نیمچە سەربەخۆ کاری دەکرد. پاش ئەوەی هەر یەك لە وەسفیە بەنی وەیس و شەونم محەمەد غەریب لە ساڵی ١٩٨٢دا خوێندنی زانکۆیان تەواو کرد، ڕێکخراوەکەیان ڕادەستی ڕێکخستنی شارەکان کرد. لێرە بەدواوە، وەزیرە جەلال سەرپەرشتیی ڕێکخراوەکەی کردو دواتر لە ساڵی ١٩٨٤دا تێکهەڵکێشی ڕێکخستنەکان کراو پلەی کەرتی ڕێکخستنی ژنانی پێ درا. لێرە بەدواوە ڕێکخراوەکە هیچ هەڵسوڕانێکی سەربەخۆ یان نیمچەی سەربەخۆی ئەنجام نەدا.

ئەگەرچی لەیلا قاسم ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەبوە، بەڵام دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە لەو ڕوانگەیەوە کە لەیلا قاسم بۆتە سمبولێکی نیشتمانیو لەوە تێپەڕیوە کە بە موڵکی گروپێکی دیاریکراو بژمێردرێ، ڕێکخراوەکەیان بە ناوی ئەوەوە ناو نا. لەیلا قاسم لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٢ی خانەقینە. باوکی لەپاڵێوگای نەوتی خانەقین کرێکار بووە کە پاش خانەنشین کردنی، لە بەغدانیشتەجێ ببوو. لەیلا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەبوو. خوێندکاری بەشی سۆسیۆلۆژیای کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بوو. لە٢٩ی نیسانی ساڵی ١٩٧٤ گیراو دواتر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لەسێدارە درا.

لەسێدارەدانی، ویژدانی نیشتمانپەروەرانەی کوردی هەژاندو لەم سۆنگەیەوە وەك یەکەم ژنی تێکۆشەری لەسێدارەدراو، لە مێژوی سیاسیی کوردی عیراقدا ناوی بە زیندویی مایەوە.

## لەیلا قاسم (کەرت)

کەرتی ڕێکخستنی لەیلا قاسم. ساڵی ١٩٨٤ دامەزراوەو سەر بەڕێکخراوی سلێمانی بووە. مەبەست لە دامەزراندنی، کۆکردنەوەی هەموو ڕێکخستنەکانی ژنان بوو لە یەك ڕێکخستنی تایبەت بە ژنان. ناوی کەرتەکە لە ناوی لەیلا قاسمەوە وەرگیراوە کە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی تردا فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە. هەڵبژاردنی ناوی

لەیلا قاسم بۆ کەرتێکی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەڵگەی ئەوەیە کە لەیلا قاسم وەك سمبولێکی نەتەوەیی سەیر کراوەو گوێ نەدراوەتە ئەوەی کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

یەکەم لێپرسراوی کەرتەکە تەحسین قادرە کە ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی بووە. تەحسین قادر لە ماوەی لێپرسراوەتیی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٦، بناغەیەکی پتەوی بۆ کەرتەکە دانا. لەو ماوەیەدا کادیرەکانی کەرتەکە کە پلەی ئەندامی کەرتیان هەبوو، لە چوار ژن پێك هاتبون کە ئەمانەن: پەروین کاکە حەمە سەعید، گێلاس محێدین، نەسرین شێخ جەمال و شیرین مەحمود.

ساڵی ١٩٨٦ لێپرسراوەتیی کەرتەکە بە محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی (ئاوێسەر)سپێردرا. سۆڵەیی تا ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بوو لەسەر سەرپەرشتی کردنی کەرتەکە. لە ماوەی نێوان ١٩٨٦-١٩٩١دا کەرتەکە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیو توانی تەونی ڕێکخراوەیی خۆی زۆر پەرە پێ بدا. لەو ماوەیەدا کادیرەکانی کەرتەکە کەپلەی ئەندامی کەرتیان هەبوو، چوار ژن بون بە ناوی شەوقیە کاکە حەمە سەعید (ئاریشت)، جەمیلە مەحمود کەریم (کۆژین)، پەروین کاکە حەمە سەعید (کەژۆست)و گێلاس محەمەد (بەفرین). ئیشوکاری کەرت بەمجۆرە بەسەر ئەندامەکانی کەرتدا دابەش کرابوو: شەوقیە کاکە حەمە سەعید لێپرساوی پۆلی شەهید ئامینە بوو، جەمیلە مەحمود کەریم لێپرساوی پۆلی شەهید سنەوبەر بوو، پەروین کاکە حەمە سەعید کە لەو کاتەدا خوێندکاری زانکۆ بوو، لێپرساوی شانەیەکی ژنان بوو. لە ناو ئەندامانی کەرتەکە، گێلاس محێدین پاش ئەوەی کە مێردەکەی لەجەنگی عیراق- ئێراندا بەدیل گیرا، نەیتوانی وەکو جاران کاروباری ڕێکخستن لەئەستۆ بگرێو ناچار بوو واز لە پلەکەی وەك ئەندامی کەرت بێنێ بەڵام درێژەی بەپابەندبونی خۆی وەك ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دا.

لە٢٤ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ لێپرساوی کەرتەکە محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی لە سلێمانی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعسەوە گیراو لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا فەرمانی زیندانی هەمیشەیی بەسەردا سەپێنرا.

پاش گیرانی سۆڵەیی، کەرتەکە تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو لەسەر هەڵسوڕانی خۆی. سۆڵەیی لە ٢٣ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

پۆلی شەهید ئامینە:

لێپرساوەکەی شەوقیە کاکە حەمە سەعید بوو. بە ناوی ئامینە بەنگین حەسەنەوە ناو نراوە کە ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە قەڵادزێو لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ی قەڵادزێدا شەهید بووە.

مەهاباد عومەر (ئاوارە)و سەمیرە مستەفا (کوکەژ) ئەندامانی پۆل بون. هیچ لیستێکی ناوی ئەندامانی پۆلەکە نیە بەڵام پۆلەکە چەند ئەندامێکی دیارو چالاکی هەبوو لەوانە تارا عومەر (سایە)، پرشنگ نەجمەددین فەتحوڵڵاو ڕێزانە بچکۆل.

پۆلی شەهید سنەوبەر:

لێپرساوەکەی جەمیلە مەحمود کەریم بوو. بە ناوی سنەوبەر مەحمودەوە ناو نراوە کە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە لە قەڵادزێو لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ی قەڵادزێدا شەهید بووە.

گەلاوێژ بەکر (پاکدڵ)و ویژە شەریف (شەنگە) ئەندامانی پۆل بون. پۆلەکە لە دوو شانە پێکهاتبوو، یەکێکیان بەشانەی ژمارە ٣٦ ناسرا بوو، ئەوی تر بە

شانەی ژمارە ٣٧. ئامارێکی جێگیری ئەندامانی پۆلەکە نیەو ئەمە وای کردووە ئامادەکردنی لیستی ئەندامەکانی پۆلەکە کارێکی ئەستەم بێ، بەڵام پۆلەکە چەند ئەندامێکی چالاکی هەبوو لەوانە نەشمیل مەحمود (راوێژ)، شانۆ محەمەد (شەوبۆ)، چیمەن بەکر (چیمەن)، دیدار محەمەد (شێنێ)، شیرین جەلال (شۆخان)و بەهار حەمە (کازیوە).

## لەیلان (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی پێنج کارمەندی ئەڵمان لە پارێزگای کەرکوك لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨١. لەو پێنج کارمەندە، چواریان لەگوندی لەیلان گیران و ئەوی تر لە نێوان کەرکوك و چەمچەماڵ. ئەوەی کە ئەم ئۆپەراسیۆنەی ئەنجام داوە پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ی جەباریی هەرێمی ٥ی قەرەداغ بوون.

بەیاننامەیەك کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم بارەیەوە دەری کردووە، روونی دەکاتەوە کە یەکێتی لە سیاسەتی ئەڵمانیای رۆژئاوا نیگەران بووە، هۆی نیگەرانییەکەش زۆرتر پەیوەندیی بە سێ فاکتەرەوە هەبووە:

یەکەم: پەیوەندیی ئابووریی توندوتۆڵی نێوان عیراق و ئەڵمانیای رۆژئاوا کە مایەی هەڕەشە بوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد.

دووەم: ئازادکردنی دوو سیخوڕی عیراقیی سەر بە دەزگای هەواڵگریی رژێمی بەعس لە لایەن حکومەتی ئەڵمانیای رۆژئاواوە لە ساڵی ١٩٨٠، لە کاتێکدا کە بەڵگەی تەواو لەسەر هەوڵی هەردوو سیخوڕ بۆ تەقاندنەوەی ئەو بینایە هەبوو کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کۆنگرەی تێدا دەبەست.

سێیەم: فرۆشتنی چەك و تەقەمەنی ئەڵمانی بە عیراق.

کارمەندە گیراوەکان ئەمانە بوون: برنیت ویهلە (تویورلوپە)، ئەدمۆند دیتریش (بودینگ)، کریستۆ کالم باج (کارلزروهی)، فریتسنگ بۆلتەر (شتوتگارت)و ئەنیت کارل (ئەنسین هرف).

یەکێتی بۆ ئازادکردنی کارمەندە ئەڵمانەکان ئەم داوایانەی لەبەردەم حکومەتی ئەڵمانیای رۆژئاوا دانا:

١-دەبێ حکومەتی ئەڵمانیای خۆرئاوا بە شێوەیەکی فەرمی داوای لێبوردن بکا، چونکە دوو سیخوڕی عیراقی ئازاد کردووەو بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ نەکردوون.

٢-دەبێ بەڵێن بدا کە چیتر چەك و تەقەمەنی بە عیراق نافرۆشێ.

٣-گوشار بخاتە سەر حکومەتی عیراق بۆ ئازادکردنی ٢٧ هاووڵاتیی کورد کە فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووەو لەگرتوخانەی موسڵن.

٤-گوشار بخاتە سەر حکومەتی عیراق بۆ بەردانی ٤ منداڵی کوردی خەڵکی شاری کەلار کە تەمەنیان لە خوار ١٣ ساڵەوەیەو لە مانگی شوباتی ١٩٨٢ەوە گیراون.

٥-گوشار بخاتە سەر حکومەتی عیراق بۆ بەردانی کەسوکاری گیراوی پێشمەرگەکان.

٦-پێشکەش کردنی پێنج ملیۆن مارك بە کەسوکاری شەهیدان و کەسوکاری گیراوی پێشمەرگە.

بەیاننامەکە ناوی منداڵە گیراوەکان و حوکمدراوەکانی گرتوخانەی موسڵی هاوپێچ کردبوو، ئەویش بەمجۆرە:

منداڵە گیراوەکان: نەسرین ئەکرەم (١٢ ساڵ)، بورهان محەمەد قادر (١٢ ساڵ)، عوسمان عەزیز رۆستەم (١٢ ساڵ)، فوئاد محەمەد ئەمین (١٢ ساڵ).

هاووڵاتییە حوکمدراوەکان: جەمال قادر، جەلال

محەمەد، عەبدوڵڵا رەسوڵ، عومەر میرزا، بەرزان عومەر، جەوهەر حسێن، سەید برایم ئەحمەد، ئیسکەندەر حەیدەر، عەلی تۆفیق، دارا حەمید، عەلی محەمەد، بێستون حسێن، عەلی حەمە ئەمین، مەحمود محەمەد، یوسف مەجید، بەکر کەریم، تەحسین رەحمان، جەمیل ئەحمەد، جەوهەر حەمە، شێرۆ رەشید، یونس بابەکر، حەسەن ئیسماعیل، واحد رەسوڵ، سلێمان عەبدوڵڵا، تاهیر عەبدوڵڵا، ئومێد ساڵح کەریم، مەجید عیسا.

کارمەندە ئەڵمانەکان ماوەیەك لە ناوزەنگ لە بارەگای دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە مانەوەو پاشان ئازاد کران و لە ڕێی ئێرانەوە گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا. هیچ یەکێ لە داواکان جێبەجێ نەکران، بەڵام گرتنی کارمەندە ئەڵمانەکان لە میدیاکانی ئەڵمانیا زۆر دەنگی دایەوەو سەرنجی بەلای مەسەلەی کوردی عیراقدا راکێشا.

## لێبوردەیی (پرنسیپ)

یەکێکە لە پرنسیپە سەرەکییەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. چەمکی لێبوردەیی بەئاشتیو مافی مرۆڤو دیموکراسییەوە بەستراوەتەوەو لەم روەوە بە چەمکێکی تەواو سەربەخۆ دانانرێ. هەرچەند لە قۆناغی بەراییدا بایەخێکی زۆر بەم پرنسیپە نەدراوە، چونکە لەو کاتەدا خەمی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو پەرەپێدانی شەپۆلی شۆڕشگێڕانە بووە، بەڵام ئەمە بەم مانایە نایە کە ناوەڕۆکی پرنسیپەکە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیدا نامۆ بووە.

لە یەکەم پڕۆژەی پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کەدەستەی دامەزرێنەر لە کۆبونەوەی ئەیلولی ١٩٧٦ لەدیمەشق پەسندی کردووە، ئاماژەی گرنگ بۆ ناوەڕۆکی لێبوردەیی دەبینرێ، وەك ئەوەی لە بڕگەی تایبەت بە مافەکانی تورکمانو ئاشورییەکاندا دەردەکەوێ کە تێیدا دان بەمافە رۆشنبیرییەکانی تورکمانو ئاشورییەکاندا نراوەو پێشنیار کراوە لە پەرلەمانی کوردستاندا کۆتایان هەبێ تاکو بتوانن بەقەد رێژەی سەدییان نوێنەریان تێدا هەبێ، سەرباری سەلماندنی مافی خۆبەڕێوەبردن لەو شوێنانەی کە تێیدا زۆرینە پێکدێنن.


لە دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستەواژەی «لێبوردەیی» بەکار نەهاتووە بەڵام پرنسیپەکە بەناوەڕۆك لە ناواخنی چەند چەمکێکدا بەدی دەکرێ وەك چەمکەکانی دیموکراسیو یەکسانیو مافی مرۆڤو پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو رەت کردنەوەی چەوسانەوەی نەتەوەیی.

ئەم دیاردەیە لە دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی دووەمیش بە هەمان پێودانگ دوبارە دەبێتەوە بەڵام لە ناو دیکۆمێنتەکاندا ناوەڕۆکی لێبوردەیی بە شێوەیەکی رونتر رەنگی داوەتەوە، وەك ئەوەی لە چەند ماددەیەکی پڕۆگرامدا دەبینرێ لەوانە بانگەشە بۆ ئازادیی بیروڕاو سەلماندنی مافە دیموکراتیو رۆشنبیری و ئیدارییەکانی کەمینەکانی تورکمان و ئاشوریو عەرەب. بەڵام لە کۆنگرەی سێیەمدا کە ساڵی ٢٠١٠ بەستراوە، یەکێتیی نیشتمانی هەنگاوی هەڕاوتری لەم روەوە بۆ پێشەوە هەڵهێناوەو «لێبوردەیی» هەم لە پڕۆگرامدا بایەخێکی شیاوی پێ دراوە هەم لە پەیڕەوی ناوخۆدا. لەپڕۆگرامدا «لێبوردەیی» لە پاڵ ئاشتیو دیموکراسیو ئازادیو پرنسیپەکانی تردا یەکێ لە ئامانجە گشتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکدێنێ. لەپەیڕەوی ناوخۆشدا ماددەی ٢ بەڕونی باسی کردووە کە یەکێتیی نیشتمانی «خەبات دەکات بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیو پتەوکردنی

بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی، هاووڵاتیبون، مافی مرۆڤ، مافی چارەنوسو بڕوای هەیە بە کەلتوری یەکسانیو لێبوردەیی».

پرنسیپی لێبوردەیی لە ناوەڕۆکدا چەند بوارێك دەگرێتەوە لەوانە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، هاوکاری، ریزگرتن لەفرە کەلتوریو سوکایەتی نەکردن بە کەلتوری گروپەکانی تر. بەم پێودانگە، لێبوردەیی لەگەوهەردا دەروازەیەکە بەرەو سەلماندنی مافی مرۆڤو فرە کەلتوریو ئازادییە دیموکراتییەکانو هەروەها بەمانای یەکسانیش دێ، چونکە لێبوردەیی بەبێ داننان بە مافی ئازادیی بیروباوەڕو مافی یەکساندا نیەو لەم روانگەیەوە ئامانجی لێبوردەیی بەدی هێنانی کۆمەڵگایەکی کراوەی پشت ئەستورە بەپرنسیپەکانی یەکسانیو دادو ریز لە یەکتری گرتن.

### لیتنسەل LETINCELLE (رۆژنامە)




ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی فەرەنسی. ناوی سەرنوسەرو دەستەی نوسەرانی لەسەر نیە بەڵام ئەحمەد بامەڕنی رۆڵی سەرنوسەری تێدا بینیوە. لە ماوەی نێوان ١٩٧٧ ـ ١٩٨٣ دا زیاد لە ٢٠ ژمارەی لێ دەرچووە. گوتاریی سیاسیی جیاوازیی لەگوتاری سیاسیی رۆژنامەکانی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نیەو لەم سەروبەندەدا هەوڵی داوە هەڵوێست و تێڕوانین و سیاسەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رەوشی مەسەلەی کورد لە عیراق بە ڕای گشتیی فەرەنسی بناسێنێ.

یەکەم ژمارەی رۆژنامەکە بە قەبارەی فولسکاب دەرچووەو بابەتەکانی بەتایپی دەستی تایپ کراون و پاش دیزاین کردنی لاپەڕەکان بە فۆتۆکۆپی راکێشراون. زۆربەی ژمارەکانی تر بە قەبارەی نیو فولسکاب دەرچون.

ئەم رۆژنامەیە زۆرتر کۆپیی فەرەنسیی رۆژنامەی سپارکە کە عومەر شێخموس بە زمانی ئینگلیزی دەری کردووەو بەهۆی ئەمەوە زۆربەی بابەتەکانی لە سپارك وەرگیراون و کراون بەفەرەنسی.

### لیژنەی کاری راپەڕین

لیژنەیەکە پاش ئەوەی کە مستەفا سەید قادر، سەرپەرشتیاری رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر و بادینان و رانیە لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٩٠ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی عیراقەوە لە هەولێر دەستگیر کرا، بۆ رایی کردنی کاروباری خۆئامادەکردن بۆ راپەڕین و تەواو کردنی ئەو ئەرکانەی کە مستەفا سەید قادر دەستی پێ کردبوو، لە هەولێر پێك هات. لیژنەکە لە عەبدولقادر محەمەد عومەر، ئەحمەد حسێن ناسراو بە ئەحمەد بچکۆل، مستەفا برایم دەروێش (شاسوار)و خالید

محەمەد رەسوڵ پێك هاتبوو. ئەم لیژنەیە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ بەدواوە، بە پشت بەستن بەرێنماییەکانی سەرکردایەتیی یەکێتی، دەستی بە دروست کردنی شانەی چەکدار کردو تا ١١ی ئازاری ١٩٩١ توانی ٧٣٠ شانەی چەکدار دروست بکا. لەو ماوەیەدا کە رژێمی عیراق سەرقاڵی بەرپەرچدانەوەی هێرشی هاوپەیمانان و رووبەڕووبوونەوەی راپەڕینی شیعەکان بوو لە باشووری عیراق، لە هەموو لایەکەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە دەکرا. بەمجۆرە ژمارەیەکی زۆر شانەی چەکدار بۆ کاتی پێویست دروست کرا.

شانە چەکدارەکان بە شانە چەکدارەکانی بروسك ناسراون و لە ١١ی ئازاردا، بە پشتیوانیی هێزی پێشمەرگەو جەماوەر، رۆڵێکی بەرچاوو دیاریان لە ڕزگارکردنی شاری هەولێرو دەوروبەریدا گێڕا. بە هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو شاری هەولێر، کۆتایی بە کاری لیژنەکە هات.

## لیژنەی ناوچە

ئاستێکی رێکخراوەییە لە چەند رێکخراوێکی رێکخستن پێکدێ و هەر لقێك لەچەند لیژنەیەکی ناوچە پێکدێ. مێژووی پەیدابوونی بۆ ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك لە کۆبوونەوەکانی ٣١ی ئاب-١٢ی ئەیلول لە برادۆست بڕیاری دروست کردنی لقەکان دراو وا دانرا کە هەر قەزایەك لیژنەیەکی ناوچەی هەبێ.

ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی لقەکاندا، لیژنەی ناوچەش لە ستراکچەری رێکخستندا نەما.

## مافی چارەی خۆنوسین (پرنسیپ)

یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافی چارەی خۆنوسینی کوردی عیراقی تێدا نیە چونکە دروشمی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیدا مافی ئۆتۆنۆمی بوو نەك مافی چارەی خۆنوسین. بەڵام بەیاننامەکە ئاماژەیەکی بۆ پشتگیری کردنی مافی چارەی خۆنوسینی کوردی ئێران و تورکیا تێدایە.

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا رۆڵێکی دیاری لە خۆپاراستن لە باس کردنی مەسەلەی مافی چارەی خۆنوسین هەبوو چونکە پشتگیریی حکومەتی سوریا لە هەڵسوڕانی کوردی عیراق بە هیچ شێوەیەك لە بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی تێنەدەپەڕی. بۆیە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانی لەو قۆناغەدا وای نەدیوە کە دەستئاوەڵایە لە دەربڕینی گوتاری سیاسیی خۆی بەو چەشنەی کە خۆی دەیەوێ و نەشیویستوە هەنگاوێکی وا بنێ کە ببێتە هۆی لەدەستدانی پشتیوانیی سوریا کە لەو کاتەدا زۆر پێویستو کاریگەر بوو. لەم سۆنگەیەوە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دواتر لەڕادیۆی دیمەشق خوێندرایەوە، هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافی چارەی خۆنوسینی کوردی عیراق تێدا نەبوو.

کاتێك دەست بە دەرکردنی رۆژنامەی «شەرارە» کرا، فاکتەری پشتیوانیی سوریا هەمان رۆڵی لە خۆپاراستن لە باس کردنی مافی چارەی خۆنوسین گێڕا، بەتایبەتی کە رۆژنامەکە لە دیمەشق، لەسەر ئەرکی حکومەتی سوریا، چاپ دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا وتارەکانی «شەرارە» لە ناواخندا هەندێ ئاماژەی گرنگیان بۆ مافی چارەی خۆنوسین تێدا بووە. یەکەم ئاماژە بۆ ئەم مافە لە ژمارە ٤ دا کە لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا دەرچووە، دەبینرێ و تێیدا لە سەروتارێکدا بە ناونیشانی «یەکرێزیی نیشتمانیی کورد: ماناکەی و پێداویستییەکانی سەرکەوتنی» ئاماژەیەکی رون بە مافی چارەی خۆنوسین کراوە بەڵام مەسەلەکە بەم چەشنە تێپەڕێنراوە کە مافی چارەی خۆنوسین «بە شێوەی ئۆتۆنۆمی، واتە بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بارودۆخی قۆناغەکەدا دەگونجێ» خەباتی بۆ دەکرێ، هەر ئەم ژمارەیە لە دوتوێی وتارێکدا دەربارەی برایەتیی کوردو ئاشورییەکان ئاماژەیەکی رونتری بۆ ئەوە تێدایە  کە کورد پاش بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان، شاندێکی بە سەرۆکایەتیی جەنراڵ شەریف پاشا خەندان بۆ کۆنفرەنسی ئاشتیی ڤێرسای ناردووەو داوای مافی چارەی خۆنوسینی کردووە.

بە هەمان پێودانگ، لە وتارێکدا بە ناونیشانی «دەربارەی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگاکەمان» کە لە ژمارە ٦ی رۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، هەوڵی یەکسان کردنی مافی ئۆتۆنۆمیی و مافی چارەی

خۆنوسین دراوەو لەم سەروبەندەدا مەسەلەکە بەم چەشنە گوزارشتی لێ کراوە کە ناکۆکییەکانی دەرونی کۆمەڵگا بە «چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتییانەو لەڕێگەی دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی یەکپارچەیی کۆماری عیراقداو لەسەر بنچینەی مافی چارەی خۆنوسینو یەکێتیی ئارەزومەندانەو هاوخەباتیی چارەنوسسازی هەردو گەلی برای کوردو عەرەبو ئەنجامدانی ریفۆرمی ریشەیی زەوی، بەپشت بەستن بە کۆمەڵانی خەڵکی رەنجدەری جوتیار» دێتە دی.

بە هەمان پێودانگ، لە دوو ژمارەکەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ی رۆژنامەی «رێبازی نوێ» یەك جار ئاماژە بۆ مافی چارەی خۆنوسین کراوە، ئەویش لە دوتوێی وتارێکدا بە ناونیشانی «زەرفی دەولیی خراپو باشو خەباتی گەلی کورد» کە لە ژمارە ٢دا بڵاوکراوەتەوەو تێیدا بە شێوەی «مافی سەربەستیی چارەی خۆنوسین» گوزارشت لە مافەکە کراوە.

ئاماژەکانی ناو وتارەکانی خولی یەکەمی هەردوو رۆژنامەی «شەرارە» و «رێبازی نوێ» بۆ مافی چارەی خۆنوسین ئاماژەی بەهێزو یەکلاکەرەوە نەبون بەڵام رێخۆشکەر بون بۆ نمایش کردنی ئەم پرسە بە شێوەیەکی رونترو قوڵتر لە ئایندەدا.

سەرەڕای دژواریی باسکردنی مافی چارەی خۆنوسین لە قۆناغی بەرایی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەڵام یەکەم پڕۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەدەستەی دامەزرێنەر لە کۆبونەوەی ئەیلولی ١٩٧٦ پەسندی کردووەو بڕیاری داوە تا بەستنی کۆنگرە کاری پێ بکرێ، جارێك لە پڕۆژەی بەرنامەو جارێکی تر لە پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژەی بە مافی چارەی خۆنوسین کردووە. پڕۆژەی بەرنامە لە ڕەوتی هەڵسەنگاندنی ئەزمونەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، گومانی خستۆتە سەر ئامادەیی حکومەتە داگیرکەرەکان بۆ سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسینو لەم روەوە وتویەتی «حکومەتە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستانی نیشتمانمان، کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی بورژوازیی کۆمپرادۆرو بیروکرات و زەویدارەکان دەکەن، دام و دەزگای داپڵۆسێنەری کۆنەپەرستانەن، هەم دژی جەماوەری رەنجدەری گەلانی خۆیانن هەم دژی گەلی کوردن. چینی بورژوازیی گەلانی سەردەست، تەنانەت بورژوازیی نیشتمانیش، مافی رەوای چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد ناسەلمێنن، بەڵکو لە سۆنگەی سروشتی شۆڤێنیستییەوە، دژی ئەو مافە دەوەستێتەوە، هەروەك بورژوازیی کەمالیستیی تورکیاو بورژوازیی بیروکراتی عیراق کە رێوشوێنی فاشیستییانەیان دژی گەلی کورد بەکار هێناوە، ئەمەیان ساغ کردۆتەوە». پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆش لەپەرەگرافی پەیوەست بە پەیوەندییە نیشتمانیو نەتەوەییو جیهانییەکاندا، باسی کردووە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ «هێنانە دیی هاوکارییەکی پتەو لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لە پێناوی بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسیندا» تێدەکۆشێ.

لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کۆمەڵەی رەنجدەران رۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافی چارەی خۆنوسیندا گێڕاوە. یەکەم ئاماژەی گرنگ بۆ مافی چارەی خۆنوسین لە ئەدەبیاتی کۆمەڵەی رەنجدەراندا، لە وتارێکی ژمارە یەکی ساڵی ١٩٧٧ی رۆژنامەی «ئاڵای شۆڕش» دا دەبینرێ کە تێیدا هاتووە «ئامانجی ناوکۆیی سەرجەم گەلی عیراق بەکوردو عەرەبو کەمایەتییەکانی ترەوە

روخاندن و لەناوبردنی سوڵتەی بورژوازیی بەعسی فاشیستو دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتییانەی گەلە کە لە سایەیدا گەلی عیراق بە دیموکراسیی راستەقینە بگاتو گەلی کوردیش بەمافی چارەنوسی خۆی». وتارەکە، وەك سەرجەم وتارە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەکە، شاسوار جەلال نوسیویەتی. هەروەها سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری «کۆمەڵە» کە لەپایزی ١٩٧٨ دەرچووە، ئاماژەیەکی بەهێزی بۆ ئەوە تێدایە کەنەتەوەی کورد تاکە نەتەوەیە لە جیهاندا کە «هێشتا.. بە مافی سەربەستیی چارەی خۆنوسین و رزگاریی نەتەوەیی نەگەیشتووە». سەروتارەکە نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی.

یەکەم گرنگترین وێستگەی بانگەشە بۆ مافی چارەی خۆنوسین لە ناو یەکێتیی نیشتمانیو کۆمەڵەی رەنجدەراندا، خۆی لەو دیکۆمێنتە گرنگەدا دەبینێتەوە کە پاش کۆبونەوەی گوندی شێنێی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا بڵاو کراوەتەوەو تێیدا بەڕونیو بە تێروتەسەلی لە پەرەگرافەکانی تایبەت بەتاوتوێ کردنی مەسەلەکانی ئۆتۆنۆمیو مافی چارەی خۆنوسین باس لەوە کراوە کە ئۆتۆنۆمی چارەسەرێکی بورژوازییانەی مەسەلەی نەتەوایەتییەو لێی رانابینرێ بتوانێ مەسەلەکە بە شێوەیەکی ریشەیی چارەسەر بکاو لەم سەروبەندەدا مافی چارەی خۆنوسین تاکە چارەسەری ریشەیی مەسەلەی نەتەوایەتییە.

لە هەموو خولەکانی پەروەردەکردنی کادیرەکانی کۆمەڵەدا، بایەخێکی شایستە بە پرنسیپی مافی چارەی خۆنوسین دراوەو لەکۆبونەوەی شانەکانیش، لەلادێو لە ناو هێزی پێشمەرگەو لە شارەکانیش، ئەم مەسەلەیە لەسەر فراوانترین ئاست مشتوماڵ کراوە.

لەم بوارەدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانیش لە ئەدەبیاتەکانیاندا، بانگەشەیەکی بەرچاویان بۆ مافی چارەی خۆنوسین کردووە. بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە پڕۆژەی پڕۆگرامەکەیدا کە لە نیسانی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە، لە ئامانجە ستراتیجییەکانیدا جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە ئامانجی خەبات «رزگاریی گشت کوردستان و بەدەستهێنانی مافی سەربەستیی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەی کوردە». بە هەمان پێودانگ، یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە دەرهاوێشتەی یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانە، لە پڕۆگرامەکەیدا جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە پێویستە خەبات « لە پێناوی یەکخستنەوەی کوردستانو بەدی هێنانی مافی چارەی خۆنوسیندا بێ»و لە دیکۆمێنتەکانی کۆنفرەنسی دووەمدا بەمجۆرە یەکێتیی شۆڕشگێڕان پێناسە کراوە کە «رێکخراوێکی نیشتمانپەروەری دیموکراتی شۆڕشگێڕەو ئاراستەی سۆسیالیستیی هەیە، خەبات دەکات لە پێناوی بەدی هێنانی مافە نەتەوایەتییە دیموکراتییەکانی جەماوەری کوردستانی عیراقو بەدی هێنانی مافی چارەنوس بۆ گەلی کوردستان».

دووەم گرنگترین وێستگەی بانگەشە بۆ مافی چارەی خۆنوسین خۆی لە کۆبونەوەکانی هاوینی ١٩٨٣ی گوندی بالیسانی ناوچەی خۆشناوەتیی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەبینێتەوە، کە تێیدا کۆبونەوەکە بڕیاریدا مافی چارەی خۆنوسین نەك ئۆتۆنۆمی ببێتە دروشمی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەم بڕیارە لە ڕوی مێژووییەوە بەوەرچەرخانێکی گەورە لەبیری سیاسیی کورددا دادەندرێ. هەرچەند لایەنە سیاسییەکانی تر شوێن پێی یەکێتییان لەم بارەیەوە هەڵنەگرت و بەردەوام بون لەسەر

بانگەشەکردن بۆ ئۆتۆنۆمی، بەڵام بڕیارەکە هەموو بەربەستەکانی بەردەم باسکردنی ئەم مەسەلەیەی رامالّی.

سێیەم گرنگترین وێستگەی بانگەشە بۆ مافی چارەی خۆنوسین خۆی لە راپۆرتی گشتیی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەبینێتەوە کە لە ماوەی نێوان ٢٧ی کانونی دووەم و ١٤ی شوباتی ١٩٩٢ بەستراوە. لەم راپۆرتەدا کە تاڵەبانی نوسیویەتیو خۆی لە کۆنگرە خوێندویەتییەوە، جەخت کراوەتە سەر مافی چارەی خۆنوسین نەك ئۆتۆنۆمی وەك دروشمی سەرەکیی یەکێتیو تێیدا ئەوەی بە بیر هێنراوەتەوە کە یەکێتیی لە ساڵی ١٩٨٧دا بانگەشەی بۆ یەکێتییەکی ئارەزومەندانە بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی لکاندن لە چوارچێوەی مافی چارەی خونوسیندا کردووە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا، لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاکە لیست بوو کە بە دروشمی مافی چارەی خۆنوسین بەشداریی لە هەڵبژاردندا کرد.

دیارە ئەم پێشینەیەی بانگەشەکردن بۆ مافی چارەی خۆنوسین، کاریگەریی زۆری لەسەر هاندانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەبووە بۆ دەرکردنی دیکۆمێنتی یەکێتیی فیدرال لە ساڵی ١٩٩٢ کە تێیدا ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنوسیندا رێکخستنەوەی پەیوەندیی یاسایی نێوان هەرێمی کوردستانو ناوەندی لەسەر بنەمای فیدرالیزم پەسند کرد.

لە کۆنگرەی دووەمدا کە ساڵی ٢٠٠١ لە شاری سلێمانی بەسترا، مافی چارەی خۆنوسین وەك دروشمێکی سەرەکیی تێکۆشانی سیاسی بانگەشەی بۆ کرا. لە کۆنگرەی سێیەمدا لە ساڵی ٢٠١٠، دوبارە جەخت کرایەوە سەر پرنسیپەکەو لە پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەکەدا شیکردنەوەی پێویست لەبارەیەوە پێشکەش کرا.

بە هەمان شێوەی کۆنگرەکانی پێشتر، پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەم جەختی کردەوە سەر پرنسیپی مافی چارەی خۆنوسین و لە سێکتەری ئامانجە گشتییەکاندا تێکۆشان لەپێناوی مافی چارەی خۆنوسیندا، لە ریزبەندیی ئامانجەکاندا، چوارەم ئامانجە پاش ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ، میکانیزمی بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین لە پرۆگرامی کۆنگرەی چوارەمدا میکانیزمێکی گشتییە. دەقەکە لەم بارەیەوە وردەکاریی زۆری تێدا نیە. خاڵە سەرەکییەکەی ئەو دەقەی کە مافی چارەی خۆنوسینی تێدا هاتووە، ئەوەیە کە بەدیهێنانی ئەم مافە، دەبێ «بە شێوازێکی دیموکراتییانە» بەڕێوە بچێ. پەیوەند بەم مەسەلەیە، هەمان سێکتەر لە پەرەگرافی نۆیەمدا سنوری هەرێمی کوردستانی عیراق تێدەپەڕێنێ و تێڕوانینێکی کوردستانییانە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەخاتە روو و بانگەشە بۆ «چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتییانەی» کێشەی کورد لە ناوچەکە دەکات. هەرچەند ناوەڕۆکی دەقەکە لە دەقە کلاسیکییە شۆڕشگێڕییەکانی دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە نزیکە و تۆنێکی کوردستانییانەی پێوە دیارە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆی لەوە پاراستووە کە کوردستان بە وڵاتێکی «داگیرکراو و دابەشکراو» و کورد بە گەلێکی «پارچە پارچە کراو و ژێردەستە» بناسێ، چونکە ویستویەتی پەیامەکە بە زمانی سەردەم بگەیەنێ. هەر بە هۆی ئەمەوە، زۆرتر جەختی کردۆتە سەر پرنسیپەکانی ئاشتی و دیموکراسی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو.

## پاشکۆی ژمارە ١

### مافی چارەی خۆنوسین لە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

١/١ کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوە و کورد نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراو و ژێردەستەیە. لە ئەنجامی دابەش کردنەوەی دنیا لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا، پاش یەکەمین جەنگی جیهان، بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا (تورکیا، ئێران، عیراقو سوریا) دابەش کراوە. هەر پارچەیەکیشی بەزۆر لکێنراوە بەیەکێك لەو دەوڵەتانەوە.

٢/١داگیرکردن و دابەش کردنی کوردستانو زەوت کردنی هەموو مافە رەوا و دیموکراتییەکانی گەلەکەیو سەپاندنی سەختترین شێوەی چەوسانەوەو ئازاردانی چینایەتیو نەتەوایەتی بەسەریدا گەورەترین هۆی پاشکەوتنی ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیی گەلی کوردستانەو رێگەی گەشەکردنی لە هێزی بەرهەم هێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان گرتووە، بۆتە مایەی شێواندنی ئەو گەشەکردنە نائاساییە لاوازەش کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە رویداوە. هەروەها هۆیەکی گرنگی شێواندنی زەمینەی گەشەکردنو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو هۆیەکی نائارامیی ناوچەکەو دەستێوەردانی ئیمپریالیزم لە کاروباری ئەو گەلانەو لە جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانیشدا.

١/٢ ئەم واقیعەی کوردستانو کەرت و پەرت کردنی نەتەوەی کورد نەیتوانیوە بە تەواوەتی بەشەکانی کوردستانو کۆمەڵەکەی لە یەك داببڕێو واقیعێکی سیاسی، ئابوریو کۆمەڵایەتیی تەواو جیاوازو لە یەکتر دابڕاو پێك بهێنن، بەڵکو ئەو سیاسەتە هاوبەشو لەیەکچووەی داگیرکەران دژی نەتەوەی کورد پێڕەوی دەکەن، چەوسانەوەو پاشکەوتنی بەسەردا دەسەپێنن، نەك هەر توانای لە یەکتر ترازانی پارچەکانی نەبوە، بەڵکو توانای تێکەڵ کردنو یەکخستنی ئەو بەشانەی کوردستانیشیان نەبوە لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکاندا.

٢/٢ لە داگیرکردنو دابەش کردنی کوردستانو چەوسانەوەی چینایەتیو نەتەوایەتیی کوردو لەبەربەرەکانیو بەرهەڵستیی گەلی کوردستان دژی ئەو چەوسانەوەیە، لە ئەنجامی پێداویستییەکانی گۆڕانو گەشەکردنی کۆمەڵایەتییش جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازانە لە هەناوی کۆمەڵی کوردستاندا پەیدا بووە چەندەها سەردەمی هەڵچون و نیشتنەوەی بەخۆیەوە دیوە بە بێ ئەوەی لە بزوتن بکەوێ تا بووە بە جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی دیموکراتی مێژووکرد.

٣/٢ جوڵانەوەی مێژویی هەناوی کۆمەڵی کوردستان، روو لەچارەسەرکردنی تەواو و بنەڕەتیی کێشەی نەتەوایەتیی کوردستانە کەپارچە پارچە ناکرێو چارەسەرکردنی تەنها لە پارچەیەکیدا مانای چارەسەری بنەڕەتیی تەواو ناگەیەنێو ئامانجەکانیشی جێبەجێ ناکات.

٤/٢ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی نەتەوایەتیی کوردستان، بە سەربەستیی نەتەوەیی کورد لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیدا دەکرێ کەئەویش خۆی لە رزگاریی نیشتمانیی کوردستاندا دەنوێنێو دەبێتە هۆی ئەوەی:

-زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرەو سۆسیالیزم لە کوردستاندا خۆش بکا.

-ریزبەستنی چینایەتی بە شێوەیەکی لەبارتر بڕەخسێ بۆ خەملێنی خەباتی چینایەتیو بەجێ هێنانی دوا ئامانجی بزوتنەوەی کرێکارانی کوردستان.

-دەسەڵاتو قەڵەمڕەوی بورجوازی لەو وڵاتانەدا کە نەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە لاوازتر ببێ، هەروەها ئەو پایەگاو دەسەڵاتانەش بلەقێنێ کە ئیمپریالیزمو هێزە کۆنەپەرستەکان لە ناوچەکەدا چەسپاندویانە.

-هۆو بیانویەکی گەورە بۆ دەستێوەردانی ئیمپریالیزمو لوت ژەنین لە کاروباری ئەو نەهێڵێ.

-گەلانی ناوچەکە لەکێشەیەکی قوڵو کرێکارانیان لە هاوبەشی کردن لە ئازاردان و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد دەرباز بکا، هەلومەرجێکی لەبارتریش بۆ سەرکەوتنی جوڵانەوەی رزگاریو دیموکراتیو گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی ئەو گەلانە بەرەو سۆسیالیزم خۆش بکا.

-چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەتەوایەتیی کورد کلیلی گۆڕانێکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باری ناوچەکە بە قازانجی گەلان و شۆڕشی سۆسیالیستی جیهان دەگۆڕێ.

٥/٢ رزگاریی نیشتمانیی کوردستانو سەربەستیی نەتەوەی کورد لە دیاری کردنی مافی چارەنوسی خۆیدا، کە مافێکی رەواو ئاسایی هەموو نەتەوەیەکی ژێردەستە، نەك هەر بەپێچەوانەی بەرژەوەندیو پاشەڕۆژی گەلانی ناوچەکە بەگشتیو بزوتنەوەی کرێکاران بەتایبەتی نیەو نابێتە هۆی ناکۆکیو ناتەباییان، بەڵکو هۆیەکی کاریگەر دەبێ لە بەتین کردنی یەکێتیی تێکۆشانو هاوخەباتیو پشتیوانی کردنی یەکتری لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیو لە پێناوی رزگاریو دیموکراسیو سۆسیالیزمدا.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## مافی چارەی خۆنوسین لە پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

چارەسەرنەکردنی دیموکراتییانەی کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان لە عیراقدا، هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە لە (١٩٢١)دا کێشەیەکی سەرەکیو فاکتەرێکی سەقامگیر نەبوونی ئەم دەوڵەتە بووە. بۆیە لەوساوە تا روخانی رژێمی سەدام حسێن لە ٢٠٠٣/٤/٩دا، چارەسەرنەکردنی کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان هۆکارێکی بنەڕەتیی پشێویو ئاڵۆزیی عیراقو پەیوەندییە ناوخۆییو دەرەکییەکانی ئەم وڵاتە بووە. بۆیە ستراتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان لە عیراقدا، لەهەموو قۆناغەکاندا، تێزێکی دیموکراتیانە بووە، کە لە بەرامبەردا دەسەڵاتدارانی عیراق هەمیشە ستراتیژێکی نادیموکراتیانەیان گرتۆتە بەر.

ئامانجی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، لەسەر دەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هات، لە «ئۆتۆنۆمیی راستەقینە» وە گۆڕا بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین. لەدوای راپەڕینیشەوە، ستراتیجی مافی چارەنوس لەپەرلەمانی کوردستان بوە بڕیارێکی مێژوویی لەپێکهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراتی فیدراڵی لە عیراقدا. هاوکات دوای روخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس، لە دەستوری هەمیشەیی عیراقدا، ئەو مافە چەسپێنرا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕوای وایە، کە

ئەو چارەسەرە دیموکراتییە بۆ عیراقو بۆ کوردستان چارەسەرێکی گونجاوە. بۆیە لەم قۆناغەدا پاراستنو گەشەپێدانی سیستەمی فیدراڵی عیراق، بە ئامانجێکی ستراتیجیی خۆی دەزانێت و جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، بە مەرجێکی پاشەکشە نەکردنی سیستەمەکەو گەرەنتیی بەردەوامبوونی ئەو گرێبەستە دەستوورییە دەزانێت، کە لە نێوان کوردو لایەنە نەتەوەییو مەزهەبییەکانی تری عیراقدا هەیە، کە دیارە ئەمەش دەستەبەری سەرەکیی سەقامگیریو ئاسایشو پێکەوە ژیان و ئاشتییە لە عیراق و ناوچەکەدا.

## مافی مرۆڤ (پرنسیپ)

یەکێ لە پرنسیپە سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بایەخدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پرنسیپی مافی مرۆڤ قۆناغ بە قۆناغ گەشەکردنی بەخۆیەوە دیوە. لە قۆناغە بەراییەکاندا، بە تایبەتی لە قۆناغی دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، ئەم پرنسیپە زۆر جێبایەخی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەبوە. ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە کە یەکێکیان تایبەتەو ئەوی تر گشتییە.

هۆیە تایبەتەکە زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە خەمی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی بەراییدا فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بووە لە کوردستان کە ئەمەش ئەرکێکی دژوار بووەو پێویستی بە نەخشەیەکی سەرتاپاگیر بووە بۆ بەگەڕخستنی رێکخستنەکانی ناو وڵاتو پەیداکردنی چەکو پێکهێنانی مەفرەزەی چەکدارو هاندانی جەماوەر.

لەم سۆنگەیەوە بوارێکی زۆر بۆ بایەخدان بەم مەسەلەیە لەئارادا نەبوو. بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی کردۆتە سەر چەند ئامانجێك، لە سەروی هەموویانەوە کۆتایی هێنان بە دکتاتۆریو وەدی هێنانی دیموکراسی. بەیاننامەکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافی مرۆڤ وەك پرنسیپێکی بنەڕەتی تێدا نیە.

بە هەمان پێودانگ، یەکەم پرۆژەی بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەدەستەی دامەزرێنەر لە ئەیلولی ١٩٧٦ پەسندی کردووەو بڕیاری داوە تا بەستنی کۆنگرە کاری پێ بکرێ، هیچ ئاماژەیەکی بۆ پرنسیپی مافی مرۆڤ وەك پرنسیپێکی سەربەخۆ تێدا بەدی ناکرێ بەڵام لە ناواخندا هەندێ ئاماژەی بۆ ناوەڕۆکی مافی مرۆڤ تێدایە وەك ئاماژەکردن بۆ ئازادیی رادەبڕین و مافی خوێندنو هەندێ مەسەلەی پەیوەندیدار بە کاروباری ژنانو کرێکاران.

لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا مامەڵەکردن لەگەڵ پرنسیپی مافی مرۆڤدا نەگەیشتۆتە رادەی بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافی مرۆڤ چونکە هەلومەرجی شەڕو بەرپەرچدانەوەی دوژمن ژینگەیەکی لەباری بۆ بانگەشەکردن بۆ کەلتوری مافی مرۆڤ دابین نەدەکرد.

هۆیە گشتییەکە زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لە ساڵانی حەفتاکانو هەشتاکاندا مەسەلەی مافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکان هێشتا لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بایەخی شایستەیان پێ نەدەدرا و هێشتا ئەم مەسەلەیە، لە سۆنگەی پێداویستییەکانی شەڕی ساردەوە، یەکێ لەبابەتە سەرەکییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پێك نەدەهێنا. گرنگیدانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەمافی مرۆڤ زۆرتر لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بە شێوەی «دەستێوەردانی مرۆڤانە»

دەردەکـەوێ، ئەویش بۆ پاراستنی ڕەوشـی مافی مرۆڤ لەو وڵاتانەی کەئاستی پێشێل کردنی مافی مـرۆڤ تیایاندا گەیشتۆتە ئەندازەی جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگـەزیو ئەنجامدانی تاوانی جەنگ‌و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستـان لـەسەر دوو ئاست مـامـەڵـەی لەگەڵ مافی مرۆڤدا کـردووە: ئاستی وتـاری ڕاگەیەنراو و ئاستی یاسا نێودەوڵەتییەکان. لـەسـەر ئاستی وتـاری ڕاگەیەنراو، یەکێتیی نیشتمانی لەهۆکانی ڕاگـەیـانـدنـدا ڕەفـتـارو سیاسەتی ڕژێـمی عیراقی سەبارەت بە ڕاگواستن و وێران کردنی دیهاتەکان، بەکارهێنانی ئەشکەنجە لە زیندانەکان، دادگایی کـردن بە بێ دابین کردنی مافی بـەرگری لەخۆ کـردنو قەدەغەکردنی ئازادیی ڕادەربڕین شەرمەزار کردو بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کەعیراق دەوڵەتێکە بە شێوەیەکی سیستماتیك مافی مرۆڤی پێشێل کردووەو لە عیراقدا مافی مرۆڤ هیچ گەرەنتییەکی نیە. لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتان، یەکێتیی نیشتمانی پابەندبونی خۆی بە ناوەڕۆکی چەند دیکۆمێنتێکی جیهانی لەوانە ڕێککەوتنەکانی ئاشتیی لاهای لە ساڵی ١٨٩٩و ١٩٠٧و ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢٩ی ژنێڤ سـەبارەت بـە دیلەکانی جەنگ‌و ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٩ی ژنێڤ سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردن لـەگەڵ دیلەکانی جەنگدا ڕاگەیاندو لـەم ڕووەوە لـەگەڵ دیلەکانی شـەڕدا بە شێوەیەکی شایستە هەڵسوکەوتی کـرد. لـەم ڕووەوە ئەو مافانەی کە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ دیلیان دابین کردووە، لەوانە مافی ژیان، پاراستنی تەندروستی، دورخستنەوەی لە ناوچەکانی شەڕ، ڕەفتاری مرۆڤانەو مافی بەجێهێنانی داب و نەریتە ئاینییەکانی، هەر هەموی دابین کرد و بە کردەوە سیاسەتی ئازادکردنی دیلی گرتە بەر.

ساڵی ١٩٨٠ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دادگـای باڵای شۆڕشی دامـەزراند. ئەم دادگایە مافی دادوەریی وەك مافێکی سەرەکیی مرۆڤ بۆ هەموو ئەو هاووڵاتییانە دابین کرد کە لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا دەژیان.

لـەم چوارچێوەیـەدا دەشـێ گۆڕینی دروشمی سـەرەکـی لـە ئـۆتـۆنـۆمـیـیـەوە بـۆ مـافـی چـارەی خۆنوسین لە ساڵی ١٩٨٣، بە وێستگەیەکی گرنگی بانگەشەکردن بۆ مافی مـرۆڤ دابـنـدرێ چونکە مافی چارەی خۆنوسین لە هەندێ ڕووەوە وا پێناسە دەکرێ کە لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا بەمافێکی بە کۆمەڵ دەژمێردرێ، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم مافە بەتاك نادرێ، بەڵکو بە گروپێکی خاوەن تایبەتمەندیی دیاریکراو دەدرێ.

مافەکانی مـرۆڤ بە ئازادییە بنەڕەتییەکانەوە بەستراونەتەوەو بریتین لە چەردەیەك پێداویستیی بنچینەیی گشتی کە هەمـوو هاووڵاتییان بەبێ جیاوازی بە هۆی ڕەگـەز، ڕەچەڵەك، زمـان، ئاین، پێگەی کۆمەڵایەتی، بیـروباوەڕی سیاسیو هەر هۆکارێکی تـرەوە، مافیان هەیـە لـە کۆمەڵگادا بەدەستی بێنن. ئەو مافانە بە شێوەیەکی گشتی بەسـەر مـافـی سیاسـی، ئـابـوری، کۆمـەڵایـەتـیو کەلتوریدا دابەش دەکرێن وەك مافی ژیان، ئازادی، یەکسانی، دادوەری، بەرگری لەخۆکردن، خوێندن، گەڕان، نیشتەجێبون، ژیان بەسەر بردن لە ژینگەیەکی پاك، بەدەست هێنانی زانیاری، ژیان بە ئاسودەیی، مافی پەرەپێدانو هی تر.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ پەرەسەندنی جەنگی کیمیایی دژی گەلی کوردو بەڕێوەچونی شاڵاوی ئەنفالەکان، گوتاری ڕاگەیەنراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بایەخێکی زۆرتری بە مەسەلەکانی مافی مرۆڤ

دا و ئاماژەی بەوە کرد کە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە عیراقدا گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار. بۆ وروژاندنی ئەم مەسەلەیە پشت بە چەردەیەك رێککەوتننامەو پەیمانی نێودەوڵەتی بەسترا کە بە سەرچاوەی گرنگی تیۆریی گشتیی مافی مرۆڤ دادەنرێن، بە تایبەتی جاڕنامەی گەردونیی ساڵی ١٩٤٨ی مافی مرۆڤ، رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزادانی ئەنجامدەرەکانیو رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٤ی بەرپەرچدانەوەی ئەشکەنجەدانو شێوەکانی تری مامەڵەی توندوتیژو نامرۆڤانەو پێشێلکەری سەروەریی مرۆڤ. بانگەشەکردن بۆ مەسەلەی کورد لە گۆشە نیگای مافی مرۆڤەوە، لە ناو یەکێتیی نیشتمانیدا ئاشنایەتیی لەگەڵ پرنسیپو ناوەڕۆکی مافی مرۆڤدا پەیدا کرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەو کاتەدا مەسەلەکە نەگەیشتبوە رادەی بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافی مرۆڤ لەسەر ئاستێکی فراوان.

لە سەرەتای نەوەدەکاندا، لەگەڵ گۆڕانی سروشتی سیستمی نێودەوڵەتیو پاشەکشەی پرنسیپی سەروەریی دەوڵەتان و پەرەسەندنی پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆڤانەو مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کەمینەکان لە چوارچێوەی مەسەلەی مافی مرۆڤداو دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە عیراق دوا بەدوای سەرکوت کردنی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانو هاتنە کایەی تراژیدیایەکی مرۆیی، ناسینی چەمکی مرۆڤ لە ناو کورددا گوڕوتینێکی زۆرتری پەیدا کردو بایەخدان بەمەسەلەکانی مافی مرۆڤو ئازادییە بنچینەییەکان گەشەیەکی بێئەندازەی بەخۆیەوە بینی. ئەم هەموو هەلومەرجە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جۆری بیرکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەجێ هێشت و هانی دا جێیەکی شیاو بۆ مافی مرۆڤ لە سیستمی بیرکردنەوەی بکاتەوە.

سەربار، نزیکبونەوەی زۆرتری یەکێتیی نیشتمانی لە پەیڕەوکردنی جیهاندیدی سۆسیال- دیموکراتییانە لەو قۆناغەدا، کەجیهاندیدێکە زۆرتر بایەخ بەئازادییە بنچینەییەکانو مافی مرۆڤو سەروەریی یاسا دەدا، فاکتەرێکی بەهێزی بۆ دانانی مافی مرۆڤ بەیەکێ لە ئامانجەکانی خەباتی سیاسی پێکهێنا.

راپۆرتی سیاسیی تاڵەبانی بۆ کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، زۆر لە ژێر کاریگەریی فاکتەری گۆڕانکارییەکانی جیهاندایە. لەراپۆرتەکەدا لانی کەم پێنج جار ناوی مافی مرۆڤ هێنراوەو هەر لەم راپۆرتەدا تاڵەبانی داوای کردووە مافی مرۆڤ، لە پاڵ ئاشتیو ئاوەدانیو رزگاریو دیموکراسیو مافی چارەی خۆنوسین، بکرێتە یەکێ لە پرنسیپە سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم هاوڕان لەسەر ئەوەی کە رێگرتن لەپێشێل کردنی مافی مرۆڤ یەکێك لە ئامانجە گشتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکدێنێ. بەڵام بەرنامەی کۆنگرەکە لە پەیڕەوی ناوخۆ زیاتر بایەخی بە مەسەلەی مافی مرۆڤ داوەو ماددەیەکی سەربەخۆی بۆ تەرخان کردووە کە تێیدا پشتگیری لە جێبەجێ کردنی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ دەکا.

وردبونەوە لە ناواخنی ماددەو بڕگەکانی تری بەرنامە، نیشانی دەدا کە بەرنامە لە ڕەوتی دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکاندا، چەردەیەك مافی بەسەر کردۆتەوە کە بەواتاو ناوەڕۆك رەنگدانەوەی مافی مرۆڤن لەوانە مافی ژیان بە ئاسودەیی، ئازادیی بیرو ویژدان، ئازادییە سیاسییەکان، یەکسانی، بیمەی کۆمەڵایەتی، مافی نیشتەجێبون، مافی خوێندن، سەلماندنی مافی کەمینەکان و هی تر.

بە هەمان پێودانگ، کۆنگرەی دووەم (٢٠٠١)و کۆنگرەی سێیەم (٢٠١٠) لە مەسەلەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ‌و بانگەشە بۆ کەلتوری مافی مرۆڤ، شوێنپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمیان هەڵگرتووە. لە پەیڕەوی ناوخۆو پڕۆگرامی هەردوو کۆنگرەدا جەخت کراوەتەوە سەر پرنسیپە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی یەکەم سەبارەت بەمەسەلەکانی مافی مرۆڤ‌و لە هەردوو دیکۆمێنتدا چوار دروشمەکەی سەر ئارم کە بریتین لە ئاشتی‌و دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و مافی چارەی خۆنوسین وەك دروشمی سەرەکی هێڵدراونەتەوە، سەرباری ئەوەی کە پڕۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم « پاراستنی مافی مرۆڤ»ی بە ئەرکی یەکێتیی نیشتمانی داناوەو خەبات کردنی «دژی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ» بە یەکێ لە ئامانجە گشتییەکان زانیوە، جگە لەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆو پڕۆگرامی هەردوو کۆنگرەی جەختیان کردۆتەوە سەر پابەندبون بە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ‌و تێکڕای ڕێککەتننامەو پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ.

لەم روەوە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٦-٢٠١٠ ماوەیەکە یەکێتیی نیشتمانی تێیدا زۆر جەختی کردۆتە سەر بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافی مرۆڤ. لەو ماوەیەدا یەکێتیی نیشتمانی مەکتەبێکی بە ناوی «مەکتەبی مافی مرۆڤ» بۆ بەدواداچونی کاروباری مافی مرۆڤ پێکهێنا و مەکتەبەکەش، وەك بەشێك لە ئەرکەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافی مرۆڤ، گۆڤارێکی بە ناونیشانی «پەیامی مرۆڤایەتی» لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٨-٢٠١٠ دەرکرد.

لە دیکۆمێنتە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چوارەم لە ساڵی ٢٠١٩، پەیوەست بە سێکتەری مافی مرۆڤ، هیچ گۆڕانێك بەسەر تێڕوانینەکانی حزبدا نەهاتووە، لە پڕۆگرامدا مافی مرۆڤ تێکەڵ بە پێناسەی حزب کراوە و لە رەوتی دەستنیشانکردنی ئەو ئامانجە گشتییانەدا کە حزب لەپێناویاندا تێدەکۆشێ، مافی مرۆڤ لە پێشی پێشەوەیە و لە ریزبەندیی ١٣ ئامانجەکەدا، مافی مرۆڤ پاش ئاشتی و دیموکراسی، سێیەم ئامانجی گشتییە. بە هەمان پێودانگ، بڕگەی یەکەمی ماددەی ٢ی بەشی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆ کە تایبەتە بە بنەما گشتییەکان، جەختی کردۆتەوە سەر مافی مرۆڤ و لە بڕگەی دووەمدا مافی مرۆڤی کردۆتە یەکێ لە چوار ئامانجە گشتییەکەی دروشمی حزب.

بابەتی پەیوەندیدار:

* مەکتەبی مافی مرۆڤ.

## مالومە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزێکی پێشمەرگەو ژمارەیەك جاش لە گوندی مالومە لە دۆڵی جافەتی لە ٢٥ی ئابی ١٩٧٨. ئەو جاشانە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی عیراقەوە بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە نێردرابوونە ناو پێشمەرگە. ماوەیەك بوو کەوتبوونە راووروت و ئازاردانی خەڵك. لە کاتی چەککردنیان لە مالومە تەقەیان لە پێشمەرگەکان کردو لەئەنجامدا فەرماندەی مەفرەزە محەمەد دەروێش عەبدوڵڵا و پێشمەرگە عەلادین کانی ساردی شەهید بون. لە جاشەکانیش ٤ جاش کوژران و یەك جاش بەدیل گیرا و جاشەکانی تر رایانکرد بۆ سەربازگەی کارێزە. هەر ئەو جاشانە پێشمەرگە عوسمان ئەحمەدیان شەهید کرد کە بە مۆڵەت لەو ناوە بوو. دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە ٤ کلاشینکۆف و یەك دەمانچەی چواردەخۆر بوو.

## مالومە (چالاکیی پارتیزانی)

چالاکییەکی رەتڵی پارتیزانەکانی سورداشە لە ٣ی ئایاری ١٩٩٠ لە دۆڵی جافەتی. لە ٢ی ئایاردا رەتڵێکی پارتیزانەکانی سورداش لە نزیك گوندی مالومە چەند مینێکی لە دوریی ٢٠٠ مەتر لە فەوجەکەی سەر بە یەکەی ٣٢٩٥ چاند.

رۆژی دواتر سەعات ١١,٢٥ مینێك لە ژێر شۆفڵێکدا تەقییەوە، بوە هۆی تێکشکاندنی شۆفڵەکەو کوژرانی دوو سەرباز. دوا بەدوای تەقینەوەی مینەکە، ئوتومبێلێکی سەربازی بۆ فریاکەوتنی سەربازانی ناو شوفڵەکە لە بارەگای فەوجەکەوە روی کردە شوێنی تەقینەوەکە بەڵام بەر لەوەی بگاتە شوێنەکە، مینێکی لە ژێردا تەقییەوەو بووە هۆی کوژرانی سەرنشینەکانی کە ئەفسەرێك و شەش سەرباز بون.

دوا بە دوای ئەم چالاکییە، هێزەکانی عیراق بۆ ماوەی سێ رۆژ کەوتنە کێوماڵ کردنی دۆڵی جافەتی بۆ دۆزینەوەی پێشمەرگە پارتیزانەکان، ئەویش بەمجۆرە:

-هێزێکی سەربازگەی گەورەدێ ئەرکی کێوماڵ کردنی ناوچەی نێوان گەورەدێو ئاوی تازەو دۆڵی شێخ محەمەد و سیرەمێرگی گرتە ئەستۆ.

-هێزێکی سەربازگەی گوێزیلە کەوتە کێوماڵ کردنی گوندە راگوێزراوەکانی گوێزیلە، یاخسەمەر، مالومە، چۆخماخو بەرزاییەکانی ژیلوان.

هێزێکی هاوبەشی هەردوو سەربازگەی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو کەوتە کێوماڵ کردنی گوندە راگوێزراوەکانی هەڵەدن، چالاوا، مەولان، قۆمرغان، سێکانیانو بەرزاییەکانی دەوروبەریان.

هێزێکی سەربازگەی مەرگە کەوتە کێوماڵ کردنی گوندەکانی شارستێن، هەوارە بەرزە، خوڕخوڕە، یاخیان، دۆڵەبیو ناوچەکانی دەوروبەریان.

لەم ئۆپەراسیۆنەی کێوماڵ کردندا دە هەلیکۆپتەر بۆ ماوەی سێ رۆژ بەئاسمانی ناوچە کێوماڵکراوەکەدا دەسوڕانەوە. ئۆپەراسیۆنەکە هیچ ئامانجێکی بەدەست نەهێنا.

## مام رەش (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی جاشەکان لە ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ لەگوندی مام رەش. رۆژێك پێش شەڕەکە، پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ی هەرێمی ٢ی کەرکوك بە فەرماندەیی حەمید کەریم کەرکوکی (پشتیوان) کۆبوونەوەیان بەدانیشتوانی گوندی چیمەنی گەورە کردبوو. هەر ئەو ئێوارەیە، دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، چوو بوون بۆ گوندی مام رەش و شەو لەوێ مابوونەوە.

جاشەکان زانیبویان مام رەش پێشمەرگەی لێیە، بۆیە بەیانییەکەی زوو بە هێزێکی زۆرەوە گەمارۆی گوندەکەیان دا و هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگە. شەڕ تا ئێوارەی ئەو رۆژە درێژەی کێشا. لەو کاتەدا هەواڵی گەمارۆدانی پێشمەرگە گەیشتە کەرکوك، لەوێ رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان خێرا هەواڵەکەیان گەیاندە کەرتی ١ی هەرێمی ٢ی کەرکوك لەگوندی عەسکەرو دوا بەدوای ئەمە، پێشمەرگەکانی کەرتەکە چوون بەهانای پێشمەرگە گەمارۆدراوەکانەوەو ئابلۆقەکەیان شکاند. ئەم شەڕە یەکەم شەڕی ناو گوند بوو کە هێزی پێشمەرگە ئەنجامی داوە.

لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە ٥ شەهیدی بە ناوی حەمید کەریم کەرکوکی (پشتیوان) فەرماندەی کەرتی ٣ی هەرێمی ٢ی کەرکوك، تاهیر یابە

قەمەری (کادیر)، مەلا ئەحمەد عەودل مام ڕەشی، مەناف تاڵیب چاڵاوی (شاخەوان) و بیلال جەلال چاڵاوی هەبوو، لەوانە دووانیان بە بریندادی کەوتنە بەر دەستی جاشەکان، یەکێکیان هەر لەوێ شەهید کرا و ئەوی تر برایە چەمچەماڵ و لەوێ شەهید کرا.

پێشمەرگەکانی تر کە لەم شەڕەدا بەشدار بوون ئەمانەن: سالار بۆگدی، شێرکۆ عەسکەری، مەلا وەیسی عەودل، شێرزاد عەبدولحافز، ساڵح سەیدانی، عەبدوڵڵا سور بۆگدی، فەرهادە سور، نامیق شوکر (پێشرەو)، شۆڕش قەرەهەنجیری، محەمەد عەلی ئەحمەد (ئامانج)، سیروان عەلی و عەلە ڕەش تەپەکوڕی.

## مامۆستای شۆڕش

دەستەواژەیەکە لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا بۆ ئەو کەسانە بەکار هاتووە کە ڕۆڵی مامۆستایان لە خوێندنگەی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە گێڕاوە. دیاردەی مامۆستای شۆڕش زۆرتر لە ساڵی ١٩٨١ بەدواوە سەری دەرهێناوەو ساڵ بە ساڵ زۆرتر پەرەی سەندوە چونکە حکومەتی عیراق لەو ساڵە بەدواوە، لەگەڵ پەرە ئەستاندنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە و پیادەکردنی سیاسەتی خاکی سوتماك و تۆپباران کردنی گوندەکاندا، وردە وردە کەوتە داخستنی خوێندنگەی گوندەکان و نەناردنی مامۆستا بۆیان.

بە هۆی ئەمەوە، خوێندنگەی گوندەکان یەك لەدوای یەك پوکانەوەو پرۆسەی خوێندن تیایاندا پەکی کەوت. ئەمەش ژمارەیەك ڕۆشنبیری هان دا کە بکەونە گەڕ بۆ ڕێگرتن لەپوکانەوەی پرۆسەی فێرکاری لە خوێندنگەی گوندەکان. ئەو ڕۆشنبیرانە لە سۆنگەی هەست کردن بە لێپرساوەتی، بە بێ بەرامبەرو بە شێوەیەکی خۆبەخش، ڕۆڵی مامۆستایان لەو خوێندنگایانەدا گێڕا و سودێکی زۆریان بە خوێندکارەکان گەیاند. یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ڕۆڵێکی کارای لەم ڕووەوە گێڕا و بەپێی بەرنامەیەکی سیستماتیك، بە گوێرەی هەلومەرجی ئەو سەردەمە، توانی ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆ. هۆکاری یارمەتیدەر لەم بوارەدا زیادبونی ژمارەی ئەو پێشمەرگانە بوو کە لە شارەکاندا پیشەیان مامۆستا بوو، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە بەشێکی مامۆستاکانی شۆڕش بە پیشە مامۆستا نەبون و تەنها هاندەریان بۆ گێڕانی ڕۆڵی مامۆستا هەستی نیشتمانپەروەری بووە.

بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێ مامۆستاکانی شۆڕش بەسەر چوار گروپدا دابەش بکرێن. یەکەم، ئەندامانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان کە بەشێکیان لەبنەڕەتدا پێشمەرگە بونو بەشێکیشیان لەداموو دەزگاکاندا کاریان دەکردو بەشێکیشیان خۆیان بۆ کاروباری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان تەرخان کردبوو. دووەم، بەشێکی سەربازە راکردووەکان کە لە کاتی شەڕی عیراق- ئێراندا وازیان لە سەربازی هێنابوو یاخود نەچووبوون بۆ خزمەتی سەربازیو لەگوندەکاندا گیرسابونەوە. سێیەم، ئەو ئەندامانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ناوچەکاندا کاری پێشمەرگانەیان پێ نەسپێردرابوو یاخود هیچ کارێکی دیاریکراویان بۆ دەستنیشان نەکرابوو. چوارەم، کادیرو پێشمەرگە خوێندەوارەکانی هێزی پێشمەرگە کە لە هەلومەرجی دیاریکراودا دەرفەتی وانە وتنەوەیان بۆ دەرەخسا، بە تایبەتی کە هەندێکیان لە بنەڕەتدا هەر مامۆستان بون. لە چوار گروپەکە، گروپی یەکەم لە گروپەکانی تر سیستماتیکتر ئەرکەکەی بەڕێوە بردووە، بەتایبەتی کە زۆربەی ئەندامەکانی لەمەوبەر ئەزمونی وانەوتنەوەیان هەبووە.

## مامەڕوتە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەکانی هەرێمی ٧ی باڵەك و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە چیای مامەڕوتە لە ناوچەی چۆمان لە ٣ی نیسانی ١٩٧٩. رۆژێك پێش هێرشەکەی سوپا، مینێك لەسەر رێی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکانی سوپا لە پشت گوندی قەسرێ تەقی بۆوەو زیانی بە سەربازەکان گەیاندبوو. هێرشەکەی سوپا لە تۆڵەی زیانەکانی تەقینەوەی مینەکە بوو. پێشمەرگەکان بەرەنگاریی هێرشەکەیان کردو شەڕێکی گەرم و گوڕیان لەگەڵدا کرد.

لەم شەڕەدا دوژمن ٥٠ کوژراو و برینداری هەبوو، لە هێزی پێشمەرگەش ٤ بریندار.

## مامە ریشە*



فەرماندەی کەرت. ناوی تەواوی نەجمەددین مام شوکر تاڵەبانی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی تاڵەبان لە سنوری چەمچەماڵ. لەبەر هەژاریی خێزانەکەی نەیتوانیوە بچێ بۆ خوێندنگە. لە منداڵیدا شوانی و دواتریش لەکارگەی کورە گەچەکانی چەمچەماڵ و جەوەل بۆر کرێکاریی کردووە.

ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە فەلەستینییەکانەوە کردوەو لە رێکخراوێکی بەرگریی فەلەستینییەکاندا بووەتە فیدایی و لەیەکێ لە شەڕەکان بریندار بووە.

ساڵی ١٩٧٨ لە دەستپێشخەرییەکی دانسقەدا بە تفەنگی خۆی و سەربەخۆ کەوتە گەڕان بە چیاو گوندەکاندا، بەبێ ئەوەی سەر بە هیچ حزب و رێکخستنێکی سیاسی بێ، بە تاقی تەنیا، ژیانێکی سەخت و دژواری پێشمەرگانەی بۆ خۆی هەڵبژارد. دواتر چووە سەر ئەو باوەڕەی کە شۆڕش کارێکی بەکۆمەڵە و بە یەک کەس ناکرێ، بۆیە لە کۆتاییدا پەیوەندیی بە هەرێمی ٥ی قەرەداغەوە کردو بووە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پشودرێژو خاوەنی نەخشەی وردو سەرکەوتوو بوو. هەمیشە هەوڵی دەدا چالاکییەکانی نائاسایی بن. هەڵسوڕان و ئازایەتیی بەجۆرێك دەنگی دایەوە کە سەربازەکانی سوپای عیراق لەو ناوچەیەی ئەوی لێ بوو، وەك ئەفسانە باسیان دەکرد. بەشداریی لە چەندین شەڕی گەورەی ناوچەکەدا کردوە. لە ساڵی ١٩٨٢ کرایە فەرماندەی کەرتی ٤ی جەباری. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کردو لە بەرەکانی کونەمشک و ئاڵوەتان رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. رژێمی بەعس زۆر لێی داخ لەدڵ بوو. لە رقی ئەو هەموو چالاکییەی کە لە ناوچەکەدا ئەنجامی دەدا، دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس باوکیان گرت و پاشان شەهیدیان کرد، خێزانەکەشی بۆ ئەوەی بە هەمان چارەنوس نەگات دەربەدەر بوو.

لە ٢٤ی مانگی کانونی دووەمی ١٩٨٥ لەگوندی حەسەن ئاوای سنوری کەرکوك کەوتە بۆسەی جاشەکانەوەو لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا شەهید کرا.

لە یادەوەریی نەتەوەیی کورددا مامە ریشە وەك پاڵەوانێکی ئەفسانەیی خۆی دەنوێنێو لەم روەوە چەندەین سەربوردەو بەسەرهاتی بۆ داهێنراوە کە تێیدا وەك ئەو پاڵەوانە دەردەکەوێ کە تەنگی بە داگیرکەران هەڵچنیوەو هەراسانی کردون، تۆڵەی

هەژارانیان لێ دەکاتەوەو سزای شایستەیان دەدا. لەگێڕانەوەکاندا هیچ بەربەستێك لەبەردەم وزەی مامە ریشەدا نیەو مامە ریشە لە چالاکیو مێرخاسیدا توانای پێشمەرگەی ئاسایی تێپەڕاندووە، بۆتە ئەو پێشمەرگەیەی کە دەشێ لە هەموو شوێنێکدا و لەهەموو کاتێکی ناچاوەڕوانکراو لە دوژمن دەرکەوێو دەستی لێ بوەشێنێ. بەم پێیە، مامە ریشە وەك پاڵەوانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان، نوێنەرایەتیی هەموو بەها جوانەکان دەکاو لەخودی خۆیدا راستگۆییو بوێریو وڵاتپارێزیو لەخۆبوردەییو پاکیو سادەییو جوامێری کۆ دەکاتەوە.

لە ٢٨ی تەموزی ٢٠٢٠ دا کۆنسوڵی فەلەستین لە هەولێر ، نەزمی حەزوری ، لە رێورەسمێکی شکۆداردا، خەڵاتی رێزلێنانی پێشکەش بە بنەماڵەی مامە ریشە کرد، وەك نیشانەی وەفاداری بۆ بەشداریی لە خەباتی فەلەستینییەکان لە ساڵی ١٩٧٣ دا. لە رێوڕەسمەکەدا کۆنسوڵ وتی سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە « دیارترین لایەنگرانی گەلی فەلەستین و پرسە رەواکەین، لەوانە هەر یەك لە تاڵەبانی و عادل موراد». هەروەها وتی مامە ریشە لەو کەسانەیە کە بونەتە مایەی « پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوو گەلی کوردستان و فەلەستین» و بە دیاریکراوی وتی مامە ریشە لە ناو کورددا « هەڵگری ئاڵای بەرگرییە لە فەلەستین».

## مامەشایەتی (شەڕ)

پێکدادانێکی هەشت سەعاتییە لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦دا بۆ راگوێزانی دێهاتەکان هێرشی کردبووە سەر دێهاتەکانی مامەشایەتی لە ناوچەی قەڵادزێ. پێشمەرگەکان لەگوندی دیلومیتکان بەرەنگاری هێزەکە بوونەوە. پاش رووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت، هێزەکە ١٥ سەربازی لێ کوژرا کە لاشەی یەکێکیان لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما و ١٤ سەربازیشی لێ بریندار بوو، دوو سەربازو ئەفسەرێکیش بەدیل گیران و دواتر ئازاد کران. هەندێ چەك و تەقەمەنیش دەستی بەسەردا گیرا.

## مامەندە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان سوپای عیراق و جاشەکان لە لایەك و هێزی پێشمەرگە لە لایەکی ترەوە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠دا کە یەکەم رۆژی جەژنی قوربان بوو. شەڕەکە بە هێرشی سوپای عیراق و جاشەکان بۆ سەر چیای مامەندەو بەرزاییەکانی سەر گوندی شێنێ دەستی پێ کرد، بە مەبەستی گرتنی بنکەکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شێنێ و زەڵێ و خڕی ناوزەنگ. پێشمەرگەکانی یەکێتی و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەرەنگاری هێرشەکە بوونەوەو تێکیان شکاند. دوژمن ژمارەیەکی زۆر کوژراو و برینداری لێ کەوت و لە هێزی پێشمەرگەش ٥ پێشمەرگە شەهید بوون، یەکێکیان پێشمەرگەی حزبی سۆسیالست بوو.

## مامەندە (تیپ)

تیپی ٦٨ی مامەندە. ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپەکان دامەزراوە. سنوری چالاکیی، هەمان سنوری چالاکیی هێزی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی و بەشێکی هەرێمی ٦ی پشدەر بووە. بە دیاریکراوی، سنورەکەی لە لایەك لە دەربەندەوە تا بناری چیای

قەندیل درێژ بۆتەوەو لە لایەکی ترەوە لە گوندی گەرمکانەوە تا چیای مامەندە.

ناوی تیپەکە لە ناوی چیای مامەندەوە وەرگیراوە کە دەڕوانێتە سەر شاری قەڵادزێ و دەشتی پشدەر. تیپەکە یەك فەرماندەی هەبووە، ئەویش قادر مامەند بابەکر ئاغایە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٢ فەرماندەی هەرێمی ٦ی پشدەر بووە. جێگری فەرماندەی تیپ سەلیم حەمە ئاغا بووە، ئەویش بۆ ماوەی چەند مانگێك لە ساڵی ١٩٨٦دا.

تا ساڵی ١٩٨٨ هیچ گۆڕانێك بەسەر پێکهاتەکەیدا نەهاتووە. لە سەرەتای دامەزراندندا بارەگای تیپ لە ناوزەنگ و شێنێ بوو. لە ساڵی ١٩٨٣ بارەگاکانی بۆ بناری چیای ئاسۆس گوێزرانەوە. بارەگای سەرەکیی تیپ لە گوندی لۆتەرو لە هەندێ قۆناغدا لە گوندی کانی توو دانرا. بارەگای کەرتەکانیشی بەسەر گوندەکانی بناری چیای ئاسۆسدا بە دیوی پشدەردا دابەش کران.

ئەم تیپە یەکێ لەو تیپانە بوو کە زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەو بەرپرسەکانی لادێنشینی ناوچەکە بون و لەم سۆنگەیەوە رەچەڵەکێکی جوتیارانە بەسەریدا زاڵ بوو. بەشێکی بەرچاوی پێشمەرگەکانی تیپەکە خەڵکی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە بون. ئەمەش بە کردەوە هاندەرێکی تر بوو بۆ پێداگرتن لەسەر هێشتنەوەی گوندەکانی سنوری تیپەکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق.

زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەم تیپە کەمخوێندەوار بون بەڵام هەستی کوردایەتییان زۆر هەڵکشاو بوو و هەمویان بە شێوەیەکی خۆڕسك هۆگری ئازادی بون. پێشمەرگەکانی ئەم تیپە، هەم لە سەردەمی هەرێمی ٦ ی پشدەردا رۆڵێکی دیاریان لە پاراستنی ناوچەکانیاندا هەبوە هەم لە سەردەمی تیپی ٦٨ی مامەنددەدا. لە ساڵانی بەرایی شۆڕشدا گەورەترین شەڕ کە پێشمەرگەکانی ئەم تیپە، پێش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی ٦ی پشدەر، بەشدارییان تێدا کردووە شەڕی ١٩٧٨ی شێنییە کە ٩ی رۆژی خایاندوەو هەردوو رژێمی عیراق و رژێمی شای ئێران هەماهەنگییان لە دژی هێزی پێشمەرگە تێدا کردووەو ئەنجامی شەڕەکەش بە شکستی ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای عیراق و زیانی ٤٥٠ کوژراو و بریندار کۆتایی هاتووە.

تیپەکە لە چەندین چالاکی و ئۆپەراسیۆنی گەورەی هێزی پێشمەرگەدا بەشداریی کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧ و شەڕەکانی دۆڵی جافەتی لە ساڵی ١٩٨٨.

بابەتی پەیوەندیدار:

*شێنێ (شەڕ)

## مانگرتنی لاوان (چالاکیی مەدەنی)

مانگرتنی لاوان لە ساڵی ١٩٩١ کە بە مانگرتنی ١٣ لاو لە سلێمانی دەستی پێ کردو پاشان رانیە، کەلار، هەولێر، سۆران، ئامێدی، دهۆك و سۆرانی گرتەوە.

هەرچەند لە ناو لاوە مانگرتووەکاندا چەند ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، بەڵام خودی مانگرتنەکە بە نەخشە و پلانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێك نەخرابوو، بەڵکو بەرەنجامی دەستپێشخەرییەکی جوامێرانەی خودی لاوەکان بوو، هەوڵێکیش بوو بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهانی دەرەوە و ئاشناکردنی رای گشتیی جیهان بە دۆخی نالەباری کورد پاش بڕانەوەی جەنگی دووەمی کەنداو.

لە ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩١دا، سیانزە لاو لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی



مانیان لە نانخواردن راگەیاندو یاداشتێکی حەوت خاڵییان پێشکەش بە کۆمیسیۆنی کاروباری ئاوارەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە چەند داوایەکی لە خۆ گرتبوو لەوانە جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، پاراستنی ژیانی گیراوە سیاسییەکان، گێڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و خانەقین بۆ ناوچەکانیان لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان، فراوان کردنی ناوچەی پارێزراو بۆ هێڵی پانیی ٣٥، لابردنی ئابلۆقەی ئابوری و ئیداری لەسەر کوردستان.

رۆژی دواتر ژمارەی مانگرتووەکان زیادی کردو گەیشتە ٢٥ مانگر. دوای ئەوە، مانگرتووەکان یاداشتێکی دیکەیان بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خافیێر پێریز دیکویلار نارد، تێیدا وتبویان کە ژمارەیەکی زۆرتری لاوان خوازیارن لەگەڵ ئەوان مان لە خواردن بگرن، بەڵام ئەوان ناهێڵن ژمارەیان لە ٢٥ کەس تێپەڕێ «بۆ ئەوەی قورسایی زیاتر نەخەینە سەر بارەگاکەتان».

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتیوانیی لە مانگرتنی لاوەکان کردو داوای جێبەجێ کردنی داخوازییە راگەیەندراوەکانی مانگرتووەکانی کرد. لەم سەروبەندەشدا ئێزگەی «دەنگی گەلی کوردستان» رایگەیاند کە تا مانگرتنەکە لابەلا دەبێ، هەموو رۆژێ دوای نیوەڕۆ سەعاتێك پرۆگرامی تایبەت بە مانگرتنەکە بڵاو دەکاتەوە. هەروەها رۆژنامەی «رێبازی نوێ»ی ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە یەکەم روماڵ کردنی هەواڵی مانگرتنەکەدا، لاوە مانگرتووەکانی بە «لاوی خوێن گەرم و لە خۆبوردوو» ناو برد.

مانگرتنەکە زۆری نەبرد جوڵانەوەیەکی مەدەنیی جەماوەریی گەورەی لێ کەوتەوەو لە ناوچەکانی تردا پشتیوانیی لێ کرا. لە ٧ی کانونی یەکەمدا دانیشتوانی چوارقورنەو حاجیاوا رێپێوانێکیان ساز کردو پشتگیریی مانگرتووەکانیان کردو لەوێوە بە رێپێوان چون بۆ رانیە و میتنگێکی گەورەیان لەوێ پێکهێنا. لەو میتنگەدا ٨٠ کەس لە خەڵکی رانیە و چوارقورنە بڕیاریاندا بچنە ریزی بزوتنەوەی مانگرتنەوەو مان لە خواردن بگرن. هەمان رۆژ خەڵکی کەلار بە خۆپیشاندان پشتیوانییان لە مانگرتنەکەی سلێمانی کردو ژمارەیەك لاویش لەوێ مانگرتنیان راگەیاند.

لە ٨ی کانونی یەکەمدا جوڵانەوەکە گەیشتە هەولێرو کۆمەڵانی خەڵك بۆ پشتیوانی کردن لە مانگرتووەکان لە بەردەم بارەگای کۆمیسیۆنی کاروباری ئاوارەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عەنکاوە خۆپیشاندانیان ساز کردو یاداشتێکیان بە هەمان ناوەڕۆك پێشکەش کرد. لە ناو خۆپیشاندەرەکاندا زیاد لە سەد کەس لە بەردەم بارەگاکە مانگرتنیان

ڕاگەیاند. لە ١٠ی کانونی یەکەمدا کۆمەڵانی خەڵکی ئامێدی و دهۆك خۆپیشاندانی گەورەیان بۆ پشتگیری کردنی مانگرتووەکان و داخوازییەکانیان ڕێکخست، ژمارەیەك لاویش مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاند. لە سۆرانیش ژمارەیەك لاو مانیان لە نانخواردن گرت. بەمجۆرە، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا جوڵانەوەی مانگرتن بەشێوەیەکی خۆبەخۆ پانتاییەکی فراوانی گرتەوە.

لە ٩ی کانونی یەکەم بەدواوە، هەواڵی مانگرتنەکە لە میدیاکانی جیهان بە فراوانی بڵاوکرایەوەو هەندێکیان ڕاپۆرتی تێرو تەسەلیان لە بارەیەوە ئامادە کرد، لەوانە ڕادیۆی BBCی بریتانی، ڕۆژنامەی «نەهار»ی لوبنانی، ڕۆژنامەی «کریستیان پۆست»ی ئەمریکی، ڕۆژنامەی «حەیات»ی سعودی کە لە لەندەن دەردەچێ، ڕۆژنامەی «سەوت ئەلکوەیت»ی کوێتی، تەلەفزیۆنی CBSی ئەمریکی، ڕادیۆی «دەنگی ئەمریکا» و ڕادیۆی مۆسکۆ. لەم سەروبەندەدا ڕادیۆی «دەنگی ئەمریکا» بڵاوی کردەوە کە مارگرێت تاتوایلەر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە وردی چاودێریی بارودۆخی کوردستان دەکات. بەهۆی دەنگدانەوەی فراوانی هەواڵی مانگرتنەکە لە جیهاندا، ژمارەیەك لەو کوردانەی کە لە پاکستان خۆیان وەك ئاوارە لە ئۆفیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار کردبوو و داوای پەنادانیان کردبوو، بۆ پشتیوانی کردن لە جوڵانەوەی مانگرتنەکە، لە ئیسلام ئابادی پایتەخت و شاری کوێتەی پاکستان چەند ڕۆژێك مانیان لە خواردن گرت.

لە ١١ی کانونی یەکەم بەدواوە جوڵانەوەکە دورنمایەکی کوردستانیی وەرگرت. لەم سەروبەندەدا ١٠ لاوی کوردی تورکیا بۆ پشتگیری کردنی مانگرتووەکان گەیشتنە هەولێر. هەروەها لە سوریاوە کچێك لە شاری قامشلۆوە گەیشتە کوردستان و پشتیوانیی لە مانگرتووەکان کردو بەشدار بوو لە مانگرتن. لە کوردستانی ئێرانیشەوە دوو هاووڵاتی لەگەڵ مانگرتووەکانی ڕانیە و کەلار مانیان گرت.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەموو میدیاکانی خۆی بۆ ڕوماڵ کردنی دەنگوباسی مانگرتنەکە تەرخان کرد.لەم چوارچێوەیەدا هەر یەك لە ڕۆژنامەکانی «ڕێبازی نوێ» بە زمانی کوردی و «شەرارە» بە زمانی عەرەبی ژمارەیەکی تایبەت بە مانگرتنیان لێ دەرچوو. ڕۆژنامەی «ڕێبازی نوێ» هەموو بابەتەکانی ژمارە ٦ی بۆ کاروباری مانگرتنەکە تەرخان کردو بە مانشێتی « ئێرە دەنگی مانگرتووانی کوردستانە» دەرچوو، لەکاتێکدا ژمارە ٦ی ڕۆژنامەی «شەرارە» هەمووی بۆ ڕوماڵ کردنی بابەتەکە تەرخان کرا و بە مانشێتی «مانگرتن» دەرچوو. سەروتاری هەردوو ژمارە بۆ بابەتی مانگرتنی لاوەکان تەرخان کرابوو.

لە گەرمەی جۆش و خرۆشی جوڵانەوەی مانگرتندا، مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر، مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی بادینان، کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕانیەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لقی سلێمانیی یەکێتیی نوسەرانی کورد هەر یەکەیان بە جیا ڕۆژنامەیان بۆ پشتیوانی کردن لە مانگرتن دەرکردو هەر هەموشیان ڕۆژنامەکانیان ناو نابوو «مانگرتن». لەم سەروبەندەشدا تیپی باواجیی کۆیە سرودێکی بە ناوی «سرودی مانگرتن» بەرهەم هێنا کە هۆنراوەکەی سامان تاهیرو قادر بەشدار نوسیویانە، ئاوازەکەی سامان تاهیر دایناوەو سامان تاهیرو ئیسماعیل شەیدا پێکەوە وتویانە.

مانگرتنەکە بووە هۆی گرژکردنی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی

دیموکراتی کوردستان چونکە پارتی دیموکرات پشتگیریی مانگرتنەکەی نەدەکردو پێی وابوو ئەم جۆرە چالاکییە مەدەنییانە دەرگا بە روی ئەگەری گەیشتن بە هەر رێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەگەڵ حکومەتی عیراق دادەخەن، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا پارتی دیموکرات پێی وا بوو دۆخەکە پێویستی بە پەسندکردنی پرۆژەی رێککەوتنی سیاسیی نێوان حکومەتی عیراق و بەرەی کوردستانی و هەموارکردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمییە بەو چەشنەی کە مەسعود بارزانی لە ٢٢ی تەموزی ١٩٩١ لەگەڵ حکومەتی عیراق لەسەری رێك کەوتبوو. بارزانی فشاری لەسەر تاڵەبانی دروست کردو هانی دا هەموو توانای خۆی بۆ کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکە بەکار بهێنێ.

لە ١٢ی کانونی یەکەمدا تاڵەبانی لە رێی ئێزگەوە پەیامێکی بۆ مانگرتووەکان نارد، تێیدا هاتبوو کە «ئەم مانگرتنەتان ئەو پزیسکە بوو کە کڵپەی گرت و ئاگرێکی سەرتاسەریی لە دڵی جەماوەری کوردستاندا هەڵگیرساندو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی هێنایەوە جۆش و خرۆش». تاڵەبانی لە پەیامەکەیدا مانگرتووەکانی بە «قارەمان» و «دلێر» ناو بردو پێی راگەیاندن کە «هاوپەیمانان» هێزی چەکوشی ئامادە بۆ پاراستنی کورد لە تورکیا دەهێڵنەوەو تورکیاش لەم بارەیەوە رەزامەندیی نیشان داوە، هەروەها وتی دپلۆماتکاری نەتەوە یەکگرتووەکان میر سەدرەددین ئاغا خان دڵنیای کردۆتەوە کە هەموو توانای خۆی بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ و گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و خانەقین و دابین کردنی ئازوقە بۆ کوردستان، دەخاتە گەڕ. هەر لەو پەیامەدا تاڵەبانی بە مانگرەکانی راگەیاند کە سبەینێ نوێنەرانی بەرەی کوردستانی سەردانیان دەکەن و پەیامێکیان پێ رادەگەیەنن و لەم سەروبەندەدا «تکا»ی لێ کردن کە بە گیانی هەست کردن بە لێپرسراوەتی «گوێڕایەڵ» ی بەرەی کوردستانی بن و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تێیگەیاندن کە ئەو گوێڕایەڵییە بۆ «پاراستن و چەسپاندنی بەرەی کوردستانی» و هەروەها بۆ پاراستنی «یەکێتیی ریزەکانی گەلی کوردستان» زۆر پێویستە. بەدڵنیاییەوە، نیشانەکانی فشار لەسەر تاڵەبانی و ترس لە ئەگەری لێکترازانی بەرەی کوردستانی، بە رونی بە وشەکانییەوە دیارە.

لە ١٣ی کانونی یەکەمدا دوو نوێنەری بەرەی کوردستانی، هەر یەك لە عەبدوڵڵا ئاگرین و قادر حاجی عەلی، سەردانی مانگرەکانیان کردو بە ناوی بەرەی کوردستانییەوە داوایان لێ کردن کۆتایی بە مانگرتنەکە بهێنن بۆ ئەوەی لێکترازان لە ناو بەرەی کوردستانی دروست نەبێت.

مانگرەکان بە لەبەرچاوگرتنی دۆخەکەو بۆ رێگرتن لە هەر لێکترازانێك کە دەشێ روو بدا، بە گیانی هەست کردن بە لێپرسراوەتی و بە شێوەیەکی واقیعییانە مامەڵەیان لەگەڵ داواکەی بەرەی کوردستانی کردو بڕیاری خۆیان دا.

لە ١٤ی کانونی یەکەمدا مانگرەکان مانگرتنەکەیان شکاند. بەمجۆرە، مانگرتنەکە دە رۆژی خایاند، لە نیوەڕۆی ٥ی کانونی یەکەمەوە دەستی پێ کردو لە نیوەڕۆی ١٤ی کانونی یەکەم کۆتایی هات. هەر ئەو رۆژە تاڵەبانی بە بۆنەی کۆتایی هاتنی مانگرتنەکەوە، لە بەردەم ئاپۆرەی جەماوەری هەولێردا وتارێکی خوێندەوە، تێیدا ئەزمونی مانگرتنەکەی بەرز نرخاندو ستایشی نیشتمانپەروەریی مانگرتووەکانی کرد.

رۆژنامەی «رێبازی نوێ» لە ژمارە تایبەتەکەیدا کۆمێنتێکی بڵاوکردەوە، تێیدا سەرکۆنەی رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی»ی کرد کە لەو ماوەیەدا قڕوقپ

بـووەو تەنانەت یـەك وشـەشی لـەسـەر مانگرتنەكە نەنوسیوە.

مانگرتنەكەی ساڵی ۱۹۹۱ی لاوان كە بە یەكەم چالاكیی مەدەنیی سیاسیی گەورەی پاش راپەڕین دەژمێردرێ، بایەخێكی زۆری لە مێژوی جولانەوەی كورددا هەیەو لە گۆشە نیگای مێژوییەوە نیشانەی گوێزانەوەی چەقی قورساییە لە چالاكیی سیاسیی چەكدارەوە بۆ چالاكیی مەدەنیی ئاشتییانە. بە شێوەیەكی گشتی، مانگرتن لە خواردن بە ئامرازێكی بەرگریی ئاشتییانەو بەكارهێنانی فشار بۆ دەربڕینی ناڕەزایی سەبارەت بە مەسەلەیەكی دیاریكراو دادەنرێ، هەروەك هۆكارێكی كاریگەرو دور لە توندوتیژیشە بۆ گەیاندنی پەیامێكی سیاسی.

## پاشكۆی ژمارە ۱

### دەقی یاداشتی مانگرتووەكان بۆ نوێنەری ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە سلێمانی بۆ بەڕێزان نوێنەرانی نەتەوە یەكگرتووەكان و هەموو ڕێكخراوە مرۆییەكان

### بەڕێز خافیێر پێریز دیكویلاری سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان

تـا ئێستا حكومـەتی عـیـراق هیچ هەوڵێكی جیددیی بۆ هێمن كردنـەوەی بارودۆخی نائاسایی عیراق نـەداوەو بـەردەوامـە لەسەر كوشتن و بڕین و داپلۆسین و راونان. ئێستا بە نیازی هێرش كردنەوە بۆ سەر ناوچە كوردنشینەكان، دەیان هەزار سەربازی كۆكردۆتەوەو بە پشتیوانیی تانك و تۆپ دەیەوێ پـەلاماری كوردسـتـان بـدا، شـان بـە شانی ئـەوەش ئابلۆقەیەكی فـراوانـی خستۆتە سـەر كوردستان و وازی لە بەڕێوەبردنی ئیداریی ناوچەی كوردستان هێناوەو دایەرە دەوڵەتییەكانی بە رەسمی كێشاوەتەوە، بەوەش برسێتی و نەبونی لە كوردستان بڵاوبۆتەوە، كەرەستە پێویستەكانی ژیان كەم بونەتەوەو سوتەمەنی دەستناكەوێ. لەم كەش و وەرزە ساردەدا هەزاران خێزان بێ جێگاو بێ دەرەتان و بێ ئاگرو بێ خواردەمەنی كەوتون.

تا ئێستا ئاوارەكانی كەركوك و خانەقین لەبەر بارانن، گەڕانەوەیان بۆ ناو خانوو و ماڵی خۆیان لێ قەدەغە كراوەو هیچ هەوڵێكی جیددیش لە لایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە نـەدراوە بۆ جێبەجێ كردنی بڕیاری ژمـارە ٦٨٨ی تایبەت بە هێمن كردنەوەی وەزعـی نـاوخـۆی عیراق و بـڕیـاری ژمـارە ٧٠٦ی تایبەت بە فرۆشتنی نەوت و خەرج كردنی داهاتەكەی بۆ خەڵكی عیراق. داوا دەكەین لەم كاتەدا فریامان بكەون. لەو پێناوەدا بڕیارمان دا كە لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان لە سلێمانی مان لە خواردن بگرین تا ئەم داوایانەمان بۆ جێبەجێ دەكەن:

١-هەوڵ بۆ چەسپاندنی بڕیاری ٦٨٨ و ٧٠٦ و ٧١٢ بدرێت و لە كاتی رازی نەبونی عیراقدا، نەتەوە یەكگرتووەكان بە زۆر جێبەجێیان بكات.

٢-ناوچەی ئەمنی لە هێڵی پانیی ٣٦ وە بۆ هێڵی پانیی ٣٥ بگوێزرێتەوە تا ژیانی زۆرترین كەس لە هەڕەشەی هەڵگیرساندنەوەی جەنگ و شەڕ فرۆشتنی حكومەتی عیراق رزگار بكرێت.

٣-لەم كاتەدا كە ناوچەی كوردستان لە ئیدارەی مـەركـەزیی عـیـراق دابـڕاوە، داوا دەكـەیـن وەڵامـی یـاداشـتـی ڕێـكـخـراوی مـافـی مـرۆڤ بـدرێـتـەوە كە ناردویەتی بۆ بەڕێز خافیێر دیكویلار و تێیدا پێشنیاری جێبەجێ كردنی بڕگەی (ج)ی ماددەی ٧٧ی بەرنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان دەكات سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ناوچەی كوردستان، لە كاتێكدا كە

ئیدارەی مەرکەزی لێی کشاوەتەوە.

٤-ئابڵوقەی ئابوری لەسەر ناوچەی کوردستان لاببرێت و پێداویستیی ئازوقەو کەرەستەکانی تری ژیان بۆ خەڵك دابین بکرێن.

٥-ئاوارەکانی کەرکوك و خانەقین بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان و نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێرییان بکات.

٦-ژیانی گیراوە سیاسییەکانمان مسۆگەر بکرێت.

٧-وەڵامی یاداشتەکەمان خاڵ بە خاڵ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانەوە بدرێتەوە.

تا ئەو کاتە، لە مانگرتن بەردەوام دەبین.

مانگرتووەکان

١٢ی نیوەڕۆی ١٩٩١/١٢/٥

سەرچاوە: ڕۆژنامەی «ڕێبازی نوێ»، ژمارە ٦، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

### پاشکۆی ژمارە ٢

### پەیامی تاڵەبانی بۆ مانگرتووەکان لە مام جەلالەوە بۆ قارەمانانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی خوێناوی.

بە سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمەوە پیرۆزبایی دەستپێشخەریی مانگرتن و خۆپیشاندانتان لێ دەکەم. پیرۆزبایی لە گیانی خۆبەخت کردن و فیداکاریتان دەکەم لەپێناوی گەل و نیشتماندا، لەپێناوی ئاوارە ئازیزەکانی کوردستاندا بەگشتی و ئاوارە ئازیزو دلێرەکانی کەرکوکی قودسی پیرۆز بەتایبەتی و بۆ بەدی هێنانی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم مانگرتنەتان ئەو پزیسکە بوو کە کڵپەی گرت ئاگرێکی سەرتاسەریی لە دڵی جەماوەری کوردستاندا هەڵگیرساندو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی هێنایەوە جۆشو خرۆش، هەروەك بووە مایەی نوێ کردنەوەی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ئازاری ڕابردوش. لەم ڕاپەڕینە نوێیەدا گەلی کوردستان بڕێکی تریش تووڕەیی و ناڕەزایی و نەفرەتی دەرونی خۆی لە ڕەفتارو کردارەکانی دیکتاتۆریەتە دڵڕەشەکەی بەغدا دوپات کردەوە. ئێستا بۆ هەموو کەس رون و ئاشکرایە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان دیکتاتۆریەت بە دوژمنی سەرسەخت و خوێنخۆری خۆیان دەزانن و پڕ بە دڵ ئارەزویانە دیموکراسی شوێنەوارەکەی ئاوەدان بکاتەوە. هەروەها کۆمەڵانی خەڵك دوپاتیان کردەوە کە جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراسییان ڕوو لە هەڵچونەو ورەو وزەیان پۆڵایین و لە گەشەکردن دایە، لەکاتێکدا کە دوژمنی گەلەکەمان و گەلی عیراق تا بینەقاقای لە گێژاوی تەنگوچەڵەمەی ئابوری و عەسکەری نقوم بووەو ڕژێمە خوێناوییە دڕندەکەی بەرەو چاڵی نەمان لە هەڵدێری هەزار بە هەزارەوە گلۆر دەبێتەوە. ڕاپەڕینە نوێکەمان بە هەموانی سەلماندەوە کە گەلەکەمان هۆشیارو زیندووەو ئامادەی خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەیە تا سەرکەوتن. ئەمەش ورەی هەموو تێکۆشەران و هەموو پێشمەرگە دڵسۆزەکانی کوردستانی زاخاو دایەوە.

ئەی دلێرە مانگرتووەکان، لەکاتێکدا هاودەنگی و هاوکاریی تەواوی خۆم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی خەباتگێڕتان پێ ڕادەگەیەنم، بەپێویستی دەزانم کە داوا و تکاتان لێ بکەم کە گوێڕایەڵی بەرەی کوردستانی عیراق بن کە سبەینێ پێتان ڕادەگەیەنێت (بەر لە هەموو شتێك بۆ پاراستن و چەسپاندنی بەرەی کوردستانی، ئینجا بۆ یەکێتیی

ریزەکانی گەلی کوردستان بەتایبەتی) کە وا مانگرتنەکەتان لە دنیادا دەنگی داوەتەوەو دەنگی زولاڵتان لە دنیادا گوێی لێ گیرا و ئەم ئەنجامانەی تریشمان دەستکەوت بووە:

١-هاوپەیمانان بڕیاریان داوە هێزی چەکوشی ئامادە لە تورکیا بهێڵنەوەو ئێمەشیان بە رەسمی ئاگادار کردۆتەوە کە(ئەم هێزە) ئامادەیە بۆ سەر پان کردنەوەی هەموو دەستدرێژییەکی هێزەکانی عیراق بۆ سەر کوردستان و شارە رزگارکراوەکان.

٢-حکومەتی تورکیا رازی بووە بە هێشتنەوەی هێزی هاوپەیمانان لەسەر خاکی خۆی، هەروەك سەرەك وەزیرانی تورکیاش بەڕێز سلێمان دیمیریل رایگەیاند کە هەر جۆرە دەستدرێژییەکی عیراق بۆ سەر گەلی کوردستان هێرشە بۆ سەر تورکیا و تورکیاش ئەمەی پێ قبوڵ ناکرێت.

٣-دوێنێ میر سەدرەددین ئاغا خان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردم و پێی راگەیاندم کە خۆی بە دوای جێبەجێ کردنی داوا رەواکانی کوردستانەوەیە بە گەڕانەوەی هەموو ئاوارەکانی کەرکوکیشەوەو جێبەجێ کردنی بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان و دابین کردنی ئازوقەو خواردەمەنی لە پارەی بلۆککراوی عیراق لە بانکەکانی دنیا بۆ گەلەکەمان. هەروەها بۆ دوان لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش بۆ رزگارکردنی کەرکوك لە چنگاڵی داگیرکردنی عەسکەری و رێگەدان بە خەڵکەکەی تا بچنەوە سەر ماڵ و شوێنی خۆیان.

ئێوەش هەمیشە هەر سەربەرزو شادو سەرکەوتوو بن.

هەر بژین بۆ کوردو کوردستان.
برای دڵسۆزتان
مام جەلال
١٩٩١/١٢/١٢

## پاشکۆی ژمارە ٣

### سەروتاری رۆژنامەی شەرارە
### دەربارەی مانگرتنی لاوان
### (١٩٩١)

جولانەوە بەربلاوەکەی مانگرتن لە کوردستانی عیراق ناوی لێ نراوە راپەڕینی نان و ئاسودەیی و ئاشتی. ئەمەش پڕاوپڕ لەگەڵ ئامانجە راگەیەنراوەکانی مانگرتووە کوردستانییەکان رێك و تەبایە.

ئامانجە ناوبراوەکان بریتین لە فراوان کردنی ناوچەی پارێزراو لە کوردستان، هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابوری، گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان، جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەردانی زیندانی و گیراوە سیاسییەکان.

بەڵام گرنگیی لەڕادەبەدەری ئەم بزاڤەی خەبات، واتە مانگرتن لە نانخواردن، لەوە دایە کە بزاڤەکە بزاڤێکی خۆبەخۆیە، مۆرکێکی ئاشتییانەی هەیەو بە بەر چاوی نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە دەچێ. ئەم نوێنەرانەش، لە کوردستانەوە، راپۆرتی رۆژانە و تایبەت بە مانگرتن و مانگرتووەکان بۆ بارەگای سەرەکیی کۆمیسارییای کاروباری پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ دەنێرن.

لەو شارانەی کوردستان کە نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەری تێدا هەیە، بە مانگرتووەکان وتراوە کە کارمەندەکانی ئەو بارەگایانە بارودۆخی مانگرتووەکان تێدەگەن و لەگەڵ ئامانجەکانیشیان هاوسۆزن، چونکە ئەم ئامانجانە ئامانجی رەوان. تەنانەت یەکێ لە نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شارۆچکەی دیانا گوتبوی ئەگەر ئەو کورد بوایە، لەگەڵ مانگرتووەکاندا مانی دەگرت.

هەر لەو شارۆچکەیەدا، واتە لە شارۆچکەی دیانای قەزای سۆران، کاتێك هاووڵاتی عەزیز ئەحمەد ویستی بچێتە پاڵ مانگرتووەکانەوە، هەر ئەوەندەی زانی دوو منداڵەکەی کە یەکێکیان تەمەنی هەشت ساڵە و ئەوی دیکەیان نۆ ساڵانە، دەچنە پاڵیەوەو نایانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ماڵ. ئەم دوو منداڵە دوو رۆژە، لەگەڵ باوکیان، دەمیان بە نان نەکەوتووەو مانیان گرتووە.

وەك وتمان، بزاڤی مانگرتن لە کوردستان بزاڤێکی جەماوەریی خۆبەخۆی ئاشتییانەیەو هەوڵ بۆ نان و ئاسودەیی و ئاشتی دەدا، بۆیە شتێکی ئاساییە کە ئەم بزاڤە بەم گەرم و گوڕییە پێشوازیی لێ بکرێ. خودی ئەم پێشوازی لێ کردنەش هەر خۆبەخۆ بووە. تەنانەت، دوو رۆژ لەمەوبەر، دوو هاووڵاتیی کوردستانی ئێران هاتن بۆ کوردستانی عیراق و بڕیاریان دا لەگەڵ برا مانگرەکان مان بگرن.


ئەوی راستی بێ، جیهانی ئەمڕۆمان ئەو شانۆ کراوەیەو ئەو شانۆ شاراوەیەش نیە کە تاوان و بەدکاریی سیاسیی لەسەر ئەنجام بدرێ، بەڵکو پێدەچێ رووی لەوە بێ کە بە تەواوی ببێ بە پەرستگای ئاشتی و ئاسودەیی و سەقامگیری کە ئەمەش چاکترین بژاردەیە.

سەرەنجام، گەلی کورد لەوە دڵنیایە کە کاتێك ژمارەیەکی زۆرو زەوەندی رۆڵە مانگرەکانی رێوشوێنێکی خەبات جێبەجێ دەکەن، ئەم رێوشوێنەی خەبات جێ بایەخی جیهان و ناوەندە مرۆیی و سیاسییەکان دەبێ، ئەویش لەو روانگەیەوە کە ئەم هەڵسوڕانە هەڵسوڕانێکی رەواو ئاشتیانەیەو ئامانجەکەی نان و ئاسودەیی و ئاشتییە. خودی ئەم ئامانجانەش جوامێرترین و پاکترین ئامانجی مرۆڤایەتین.

سەرچاوە: رۆژنامەی «شەرارە»، ژمارە ٦، ١٩٩١/١٢/١٥، ل ١ (بە زمانی عەرەبی).

تێبینی: سەروتارەکە عەباس بەدری بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی.

## محەمەد ئەبوبەکر*



پێشمەرگە و کادیری پێشکەوتووی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ی شاری کۆیە. دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر. ساڵی ١٩٧٦ لە خوێندنگەی گوندی شێنێ لە ناوچەی چۆمان وەك مامۆستا دامەزرا. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی لەگەڵ خالید سەعیددا دامەزراند کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو، پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەوە کردو ناوی نهێنیی هیوای بۆ دانرا.

کادیرێکی چالاکی رێکخستن بوو. لە ماوەیەکی کورتدا وەک هەڵسوڕاوێکی پێشکەوتوو کاری کردو رێکخستنێکی فراوانی لە کۆیە و مەخمورو هەولێرو تەقتەق و بەغدا دروست کرد.


بەهاری ساڵی ١٩٧٩، پاش شاڵاوێکی رەشبگیری دەزگا ئەمنییەکان لە کۆیە، خۆی و هاوڕێیەکی لەدەشتی کۆیە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردو دواتر لە ناوچەی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ گیرسایەوە. لەوێ خۆی و پێشڕەو برایم سەعید و کەمال پیرەو عەبدوڵڵا حاجی شێخە، بە هۆی هەندێ کێشەی ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستەوە، پێکەوە وازیان

لە بزووتنەوەی سۆسیالیست هێنا.

لە مانگی تشرینی دووەمی ئەو ساڵە، پاش دامەزراندنی مەکتەبی سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتی لە ناوزەنگ، کرایە بەرپرسی کاروباری هاووڵاتییان و پێشمەرگە لەو دەزگایە. لەم کارەیدا زۆر سەرکەوتوو بوو.

لە ٩ی تەموزی ساڵی ١٩٨٠ کاتێك فرۆکەکانی رژێمی بەعس توژڵەیان بۆردومان کرد، پێکراو هەر ئەو رۆژە شەهید بوو.

## محەمەد ئەحمەد*



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە. ناسراو بە مام هێرش. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گەرەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، پاش چەند مانگێك لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا کرد کە ئۆپەراسیۆنێکە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەی پشدەرەوە چونە سەر سنوری عیراق- تورکیا بە مەبەستی وەرگرتنی برێکی زۆری چەك کە دەبوایە لە شاری قامیشلۆوە بەناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەڵام ئەو هێزانە لە ناوچەی هەکاری تەنگیان پێ هەڵچنرا و لەسەر دەستی هاوپەیمانیی خێڵەکانی هەکاریو سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەتوپەت کران. لەم ئۆپەراسیۆنەدا محەمەد ئەحمەد بە دیل گیرا و دواتر، لەگەڵ ٤٩ پێشمەرگەی تردا، ناچار کرا خۆی رادەستی هێزەکانی عیراق بکاتەوە.

لە سلێمانی پەیوەندیی بە رێکخستنەکانەوە کردەوەو وەك پێشمەرگەی ناوشارو فەرماندەی یەکێ لە مەفرەزە ناوخۆییەکان بەشدار بوو لە ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی شۆڕشگێڕانە. لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ دەزگا ئەمنییەکان لە گەڕەکی خەبات دەستگیریان کرد. ئەگەرچی دەزگا ئەمنییەکان بەڵگەیەکی زۆریان لەسەری هەبوو کە فەرماندەی مەفرەزەی پێشمەرگەی ناوشارەو چەندین چالاکیی شۆڕشگێڕانەی لە ناو شار ئەنجام داوەو سەرەڕای ئەشکەنجەدانی بە شێوەیەکی چڕ، بەڵام ئەم بەرگەی گرت و هیچ زانیارییەکی لەسەر مەفرەزەکانی پێشمەرگەی ناوشارو رێکخستنە نهێنییەکان ئاشکرا نەکرد. لە مانگی ئایاردا، لەگەڵ چەند دەستگیرکراوێکدا، توانی لە شوێنی هەواکێشی زیندانی سەربازگەی ناوشارەوە زیندان بشکێنێو رابکا. هەر لەگەڵ شکاندنی زیندانەکەدا، بۆ جاری دووەم پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری لەگوندی زەڵێ تێهەڵچووەو دەستی بە خولێکی تازەی ژیانی پێشمەرگایەتی کردەوە. لەوێ کرایە فەرماندەی کەرتو پاشان بەم پلەیە بۆ سنوری هەرێمی ٣ی شارباژێر گواسترایەوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری شەڕو ئۆپەراسیۆنی گەورەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦) و ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ و شەڕی دودارەو چالاکییەکانی ناو شاری سلێمانیو لەم روەوە سێ جار بە سەختی بریندار کراوە.

ساڵی ١٩٨٧ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ١٧ی زمناکۆو هەر ئەو ساڵە بڕیار بوو بگوازرێتەوە بۆ سنوری سەگرمەو فەرماندەیی تیپی ٥٧ی سەگرمەی پێ بسپێردرێ بەڵام بە هۆی بەشداری کردنی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی چەرمەگای سنوری ناحیەی سورداش لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ و شەهیدبونی لەم ئۆپەراسیۆنە، نەیتوانی لە تیپی ٥٧ی سەگرمە دەستبەکار بێ. بەم شەهیدبونەی بووە دووەم شەهیدی خێزانەکەی.

## محەمەد ئەمین عەلی *



کادیرو پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. ناسراو بە حەمە ئەمین حاجی شێخ عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە و لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنیدا ئەندامێکی چالاکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە و لە ڕێی یەکێتیی قوتابیانەوە پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٨ خوێندنی لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردو لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨دا بووە مامۆستای خوێندنگەی سەرەتایی لە هەردوو گوندی ڕێزانو بۆڵێی ناوچەی بارزان، پاشان بۆ دێهاتەکانی قەرەداغ گوێزرایەوە. لە کاتی کەرتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتیوانیی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد و لە ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٠دا چەند وتارێکی لە گۆڤاری «رزگاری»دا بڵاوکردەوە کە گۆڤارێکە بە پێشەنگی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی چەپ لە کوردستان دادەنرێ و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی رۆشنبیریی کورد هەبووە.

لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەمدا پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە ساڵی ١٩٧٤دا لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. پاش هەرەسهێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانیو وەك هەڵسوڕاوێکی گورج وگۆڵی خەباتی ژێرزەمینی درێژەی بە چالاکییە سیاسییەکانی دا.

ساڵی ١٩٧٦ پشتگیریی پڕۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد، لە ناوچەی قەرەداغ بووە پێشمەرگە و رۆڵێکی بەرچاوی لە پێکەوەنانی مەفرەزەکانی ناوچەکەدا گێڕا. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ناوی «شەماڵ»ی بۆ خۆی هەڵبژارد و لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کرد. لە ٢ی ئازاری ١٩٧٨دا لە هێرشێکی هێزەکانی عێراقدا، لەگوندی میریاسیی خوارووی ناوچەی قەرەداغ شەهید بوو. تەرمەکەی کەوتە دەست سەربازەکانەوە. دەزگا ئەمنییەکان نەیانهێشت پرسەی بۆ دابنرێ.

لە پاش خۆی چەردەیەك نوسینی لە بواری شیعرو چیرۆكو وتاری سیاسیدا بەجێ هێشتووە. لەرۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە ناوی پۆڵاوە بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە و هەندێ وتاری سیاسییشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بەشێکی شیعرەکانی کە لە دەفتەری بەرباخەڵدا نوسیبونیەوە، لە کاتی شەهیدبونیدا دەست سەربازەکان کەوتنو فەوتان. هەندێ لە بەرهەمەکانی، پاش شەهیدبونی کۆکرانەوە و بڵاوکرانەوە لەوانە سێ هۆنراوەی لە ساڵی ١٩٧٩دا لە ژمارە ٤ی گۆڤاری «کۆمەڵە»دا بڵاوکرانەوە و

هەر لەو ژمارەیەدا لەساڵڕۆژی شەهیدبونیدا وتارێك بە ناونیشانی «شەماڵو خاكی زەیتونو لیمۆ» لەسەری بڵاوكراوەتەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٥دا دیوانە شیعرێكی بە ناوی «كاروان» لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو چاپ كرا و لە ساڵی ١٩٩٢دا كورتە چیرۆكێكی لە ژمارە ٤ی گۆڤاری «دیموكراسی»دا بڵاوكرایەوە.

## محەمەد ئیسماعیل*



مامۆستاو كادیری رێكخستنو كادیری یەكێتیی مامۆستایانی كوردستان. ناسراو بە محەمەد سەرسپی. لەدایكبوی ساڵی ١٩٤٠ی گوندی داڵداغان لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٤٨ خراوەتە بەر خوێندن و ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندیی بە یەكێتیی قوتابیانی كوردستانەوە كردووە.

ساڵی ١٩٦٣، دوا بەدوای تەواوكردنی خوێندن لە خانەی مامۆستایان، ژیانی مامۆستایی دەست پێكردو بووە مامۆستا لەگوندی سیاوی سەر بە ناحیەی قوشتەپە. هەر ئەو ساڵە بووە ئەندامی لقی هەولێری یەكێتیی مامۆستایانی كوردستانو لە ساڵی ١٩٧٠دا بە ئەندامی مەكتەبی راپەڕاندن هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٧١ كرایە بەڕێوەبەری خوێندنگەیەكی سەرەتایی لە ناو شاری هەولێر.

ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە كردو ساڵی ١٩٧٥ پاش نسكۆی شۆڕش گەڕایەوە بۆ هەولێرو كرایەوە بە مامۆستا. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە رێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە كرد. لەم قۆناغەی ژیانیدا زۆر هەوڵیدا دەرفەتێكی بۆ خوێندن لە زانكۆ چنگ كەوێ. لە ڕاستیشدا ئەو دەرفەتەی چنگ كەوتو لە زانكۆی موستەنسریەی بەغدا وەرگیرا بەڵام پاش دوو مانگ بەهۆی راپۆرتی دەزگا ئەمنییەكانەوە مافی خوێندنی لە زانكۆ لێ سەنرایەوە.

لەو ماوەیەدا وەك كادیرێكی رێكخستنەكانی ناو شارو كادیرێكی یەكێتیی مامۆستایانی كوردستان كاری كردووە. بەشداربونی لەكۆنفرەنسەكانی یەكێتیی مامۆستایانی كوردستان هیچ جۆرە گومانێك هەڵناگرێ بەڵام تائێستا ئەوە رون نیە كە لە سێ كۆنفرەنسەكەی یەكێتیی مامۆستایان لە چەند كۆنفرەنس بۆی لواوە بەشداری بكا.

ساڵی ١٩٨٦ بە هۆی ئاشكرابونی بەشێكی رێكخستنەكانەوە، ماوەیەك لەگوندەكانی دەوروبەری هەولێر خۆی شاردەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ ناو شارو درێژەی بە سەرپەرشتی كردنی رێكخستنەكان دا.

ساڵی ١٩٨٨ دەستگیر كرا و خرایە ژێر ئەشكەنجەوە بەڵام هیچ نهێنییەكی نەدركاند. لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٨٨دا لە ناو بارەگای بەڕێوەبەرێتیی ئەمن لە هەولێر، خۆیو چوار ئەندامی تری رێكخستنەكان بە ناوی حەسەن محەمەد حەسەن مەولود، نورەددین سەعید حسێن حەمەد ئەمین، موحسین قادر سێوێ ناسراو بەموحسین خەیاتو تەحسین دەرگەڵەیی، لە ناو بارەگای بەڕێوەبەرێتیی ئەمن لە هەولێر گوللەباران كرانو تەرمەكانیان شوێن بزر كران. پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تەرمەكان لەگۆڕێكی بەكۆمەڵدا لە نزیك كارگەی قیر، لەسەر رێی هەولێر-مەخمور دۆزرانەوە. لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا لەرێو رەسمێكی شكۆداردا بەسەرپەرشتیی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالكراوان، تەرمەكان لەگۆڕستانی

کارگەی قیری هەولێر بە خاك سپێردرانەوە.
بابەتی پەیوەندیدار:
* یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.

## محەمەد حاجی مەحمود



پێشمەرگەی دێرین و سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی گوڵەخانەی ناوچەی شارەزور. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر خێزانێکی جوتیاری مامناوەنج. لە تافی منداڵیدا لەبەر نەبونی خوێندنگە لە گوندەکەی، لەخوێندن بێبەش بوو بەڵام باوکی پێی باش بوو لەلای مەلاکان دەست بەخوێندنی ئاینی بکا، بۆیە ماوەیەك دەستی بە خوێندنی ئاینی کرد بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە ئەم جۆرە سیستمی خوێندنەی بەدڵ نەبوو، زوو وازی لێ هێناو لەدەرەوەی ئەم سیستمە خۆی فێری خوێندنو نوسین کرد.

ژیانی سیاسیی لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا دەست پێدەکا، کاتێك لە ساڵی ١٩٧٠ دا بە ئەندام لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیرا. ساڵی ١٩٧٥، پاش هەرەس هێنانی شۆڕش دوا بەدوای بەستنی رێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عێراقو ئێران، پەیوەندیی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر رێکخستنەکانی کۆمەڵەو دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری کادیرو ئەندامان، لە ڕێکخستن دابڕا. لە نیسانی ١٩٧٦ دا توانی پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە بکاتەوەو لە حوزەیرانی ئەو ساڵەدا، کاتێك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار کرد، یەکێ بوو لەو پێشمەرگە بەراییانەی کە مەفرەزە سەرەتاییەکانیان پێکهێنا و جاڕی دەستپێکردنەوەی شۆڕشیان دا.

مەفرەزە حەوت کەسییەکەی، رۆڵێکی کارای لە بەرزکردنەوەی ورەی هاووڵاتییاندا گێڕا. ئەم مەفرەزەیە یەکەم چالاکیی پێشمەرگانەی لە ناوچەکەدا لەسەر رێگای هەڵەبجە ـ سەید سادق لە کۆتایی تەمموزدا ئەنجام دا و دوا بەدوای ئەمە چالاکییەکی دیکەی لە هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا ئەنجام دا. لە کۆتایی ئەیلولدا پلەی بەرز کرایەوەو بووە جێگری فەرماندەی مەفرەزە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا، پاش گەشەکردنی هێزی پێشمەرگەو پێکهێنانی چەند مەفرەزەیەکی تر، ناوچەکان بەسەر مەفرەزەکاندا دابەش کران. سنوری مەفرەزەکەی ئەو، ناوچەکانی سورێن و شارەزور بوو.

لە نیسانی ١٩٧٨دا وازی لە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان هێناو لەگەڵ بەرێ کەوتنی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی بۆ سەر سنوری عیراق ـ تورکیا بۆ دەستەبەر کردنی شوێنی گونجاو بۆ دانانی بارەگای سەرکردایەتیو وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە نیاز وابوو لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بگەیەنرێتە ناوچەی برادۆست، ئەویش روی لە ناوچەکانی سەر سنوری عیراق ـ تورکیا کرد. لەم ئۆپەراسیونەدا لە ناوچەی برادۆست توشی شەڕو پێکدادان بوو لەگەڵ هێزەکانی عیراقو لە ناوچەی هەکارییش لەگەڵ خێڵە لۆکاڵەکانی ناوچەکەدا. سەرەڕای سەرماو برسێتیو نەهامەتیی رێوبان و شەڕو سەرەڕای پەرتەوازەبونی هێزەکەو شکستی ئۆپەراسیۆنەکە، توانی لەگەڵ حەوت پێشمەرگەی تردا خۆی دەرباز بکاو بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی. پاش ئەوەی کە

ماوەیەك لە چیای قەندیل مایەوە، کرایە فەرماندەی هەرێمی یەکی هەورامان.

لەتاو جموجوڵو چالاکیی پێشمەرگانەی لە هەورامانو شارەزور، کاربەدەستانی عیراق لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ خێزانەکەیو چەند کەسوکارێکیان دەستگیر کردو بۆ ناسریە دوریان خستنەوەو تەنها لە هاوینی ساڵی دواتر ئازادیان کردن.

لەو ماوەیەدا لە ناوچەی هەورامان و شارەزور لەگەڵ کادیرەکاندا توشی گێچەڵ و رکابەری بوو، بۆیە لە فەرماندەیی هەرێمەکە لەکار خرا و ماوەیەك وەك دەستبەسەر لە ناوزەنگ مایەوە. هەرچەند دواتر گەڕایەوە بۆ شارەزور، بەڵام گەڕانەوەکەی سەرەتای وازهێنانی بوو لە یەکێتی. لەگوندی سورێن بارەگای دانا و لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨١ دەستی لەکار کێشایەوەو پەیوەندیی بە یەکێتییەوە نەما. هەر لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەتایی پەیوەندیی لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان دامەزراند.

لە ئایاری ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا کردو هەر لەو کۆنگرەیە بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە مانگی حوزەیراندا کرایە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیو پاشان لەجێی محەمەد فاتیح کە وازی لەپێشمەرگایەتی هێنابوو، کرایە بەرپرسی لقی سلێمانیی حزب و بارەگای لە گوندی کۆرەدەرە دانا. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣ دوای ئەوەی کە حزبی سۆسیالیست بڕیاری دا کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بۆ هەردوو پارێزگای سلێمانیو کەرکوك پێك بێنێ، دەستەیەك لە محەمەد شاکەلیو قادر جەباریو محەمەد حاجی مەحمود پێك هات. لەو ماوەیەی کە ئەو بەرپرسی لقی سلێمانی بوو، چەند وتارێکی بە ناوی خوازراوی سەربازەوە لە گۆڤاری «سورێن» کە یەکەم ژمارەی لە ئەیلولی ١٩٨٣دا دەرچووە، بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٨٥ بووە لێپرساوی مەکتەبی عەسکەریی حزبی سۆسیالیست.

ساڵی ١٩٨٨ دوای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بووە ئەندامی سەرکردایەتیی بەرە. لە راپەرینی ساڵی ١٩٩١دا سەرپەرشتیی هێزەکانی حزبی سۆسیالیستی کرد لە ناوچەکانی رانیەو سلێمانیو خانەقینو شارەزورو لە شەڕی رزگارکردنی کەرکوکیش رۆڵێکی کارای بینیو لە ناو کەرکوك بریندار بوو.

لە ئابی ساڵی ١٩٩١ لەکۆبونەوەی شەقڵاوە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسیدا، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا، حزبی سۆسیالیست رێژەی ٧٪ی پێویستی بۆ چونە ناو پەرلەمان بەدەست نەهێنا و بەهۆی ئەمەوە هەڵبژاردنەکەی دۆڕاند. لەو هەلومەرجەدا لە حوزەیراندا حزب بڕیاری دا لەگەڵ هەر یەك لە پارتی گەلو پاسۆك یەك بگرێتەوە. لە ئابدا هەر سێ لایەن لە کۆنگرەیەکدا کە لە هەولێر بەسترا، پارتی یەکگرتنیان راگەیاند بەڵام باڵی رەسول مامەند کۆنگرەی بەجێ هێشت و دواتر کۆنگرەی تایبەتی خۆی بەست. لە کۆنگرەی پارتی یەکگرتندا، محەمەد حاجی مەحمود بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٣، پاش یەکگرتنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی یەکگرتن، بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانو لێپرسراوەتیی سلێمانی - گەرمیانی پێ سپێردرا.

هەر ئەو ساڵە، وازی لە پارتی دیموکراتی کوردستان هێناو لە کۆبونەوەیەکی فراواندا کە لەهۆڵی ژوری بازرگانیی سلێمانی بەسترا، رایگەیاند کە نیازی دامەزراندنەوەی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی هەیە. لە تشرینی دووەمی ١٩٩٤دا لەهۆڵی میدیای شاری هەولێر کۆنگرەی دامەزراندنەوەی حزبی

سۆسیالیستی بەست و تێیدا بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٩٦، لە کاتی رووداوەکانی ٣١ی ئابدا، هەڵوێستێکی نیشتمانیی نواند و دژی هاوپەیمانیی نێوان رژێمی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان وەستایەوە. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان کە هاوپەیمانییەك بوو لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیست و حزبی زەحمەتکێشان و بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان و پارتی پارێزگاران.

ئەزمونی ژیانی لە پێشمەرگایەتیو سیاسەتدا لە چوار بەرگەکەی کتێبی «رۆژژمێری پێشمەرگە» دا یاداشت کراوە. ئەم کتێبە بە تۆمارێکی دیکۆمێنتاری خەباتی خۆی و مێژوی بزوتنەوەی کورد دەژمێردرێ.

بابەتی پەیوەندیدار:

* هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان.

## محەمەد حەسەن بەحرکەیی



کادیری دێرینی رێکخستن. ناوی تەواوی محەمەد حەسەن پیر داوود رەسول بەحرکەیی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٩ی گوندی بەحرکە لە هەولێر. لە بنەماڵەیەکی جوتیاری مامناوەنجییە. ساڵی ١٩٤٧ لەگوندەکەی خۆی چووە بۆ خوێندنگە، بەڵام هەر ئەوەی پێ کراوە کە تا پۆلی چوار بخوێنێ، چونکە خوێندنگەکە لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ شوێنێکی تر گوێزرایەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی تامەزرۆی خوێندن بوو، لە حوجرەی فەقێیان لەگوندەکانی ناوچەی بەرانەتی و خۆشناوەتی و کەندیناوەو ناو شاری هەولێر درێژەی بە خوێندن دا. ساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی دواناوەندیی لە خوێندنی فەقێیاتی وەرگرت و ئەم بڕوانامەیە بە بڕوانامەی شەشی ئامادەیی بەراورد کرا.

سەرەتای ژیانی سیاسیی بۆ ساڵی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە، کاتێك پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو بۆ ساڵی دواتر بوو بە ئەندام و لە تەموزی ١٩٦٣دا بوو بە لێپرسراوی لیژنەی پیشەیی کاسبکاران و لە ساڵی ١٩٦٤ بووە کارگێڕی لیژنەی جوتیارانی هەولێر لە گوندی هەرەجەی ناحیەی قوشتەپە. بۆ ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ لیژنەی ناوچەی جوتیارانی کۆیە لەگوندی پیرەر لە بناری چیای باواجی.

ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ پۆلێك کادیری ناوچەی جوتیارانی کۆیە پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد لەگوندی کرژە. لەو ماوەیەدا لە بارەگاکانی پارتی لە بادینان و بەغداو هەولێر خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٦٩ بووە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی هەولێرو لە هەمان کاتدا سەرپەرشتیی لیژنەی جوتیارانیشی دەکرد.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١دا، لە فەرمانگەی ئەشغالی هەولێر وەك کرێکار دامەزرا. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لە کۆیە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو کرایە سەرپەل. لە تشرینی یەکەمدا بوو بە کارگێڕی لیژنەی ناوچە لەگوندی ئێندزە. لەو ماوەیەدا لە دەشتی هەولێرو دەشتی کۆیە و بالیسان و پشدەرو بناری قەندیل و قەرەداغ و بادینانداپێشمەرگایەتیی کردو بەشداریی لە چەندین شەڕدا کرد.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، لە هەولێر گیرسایەوەو دەستی بەکاسبی کرد. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٢دا وازی لە رێکخستنی کۆمەڵە هێناو پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی هێڵی گشتییەوە کرد. لە ساڵی ١٩٨٤دا بووە ئەندام لەکۆمیتەی رێکخستنی هەولێرو ساڵی پاشتر بووە کارگێڕ. ساڵی ١٩٨٩ دوا بەدوای گیرانی لێپرسراوی کۆمیتەی هەولێر، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی هەولێری گرتە ئەستۆ.

دوای رزگارکردنی هەولێر لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، یەکەم بارەگای ئاشکرای کۆمیتەی رێکخستنی لە هەولێر کردەوە. لە مانگی نیساندا سەرپەرشتیی بازگەی حاجی ئۆمەران و بازگەکانی دیکەی ناوچەکەی کرد. ساڵی ١٩٩٢ بووە کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر.

ساڵی ١٩٩٦ لە ئاکامی شەڕی ناوخۆدا، لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٩٩ بوو بە لێپرسراوی ئاوارەکانی هەولێر لە سلێمانی و بۆ ساڵی دواتر بووە راوێژکاری مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێرو پاشان بوو بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند. ساڵی ٢٠٠٦ بوو بە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی و بەرپرسی ناوەندی کۆمەڵایەتیی هەولێر.

لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ دا لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. کۆسرەت رەسول عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بروسکەی ماتەمینیدا بە «تێکۆشەرێکی گەورەی کوردایەتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» ناوی برد. هەروەها لە بەیاننامەی سەرۆکایەتیدا رۆڵی لە ژیانی سیاسیی هەولێردا بەرز نرخێنرا و لە بەیاننامەکەدا هاتبوو کە ئەو «مەشخەڵی کوردایەتیی لەو شارە هەڵکردووە و رێنیشاندەری دەیان گەنج و لاو بووە بۆ خەباتی کوردایەتی».

## محەمەد حەسەن رەسول ئەحمەد



فەرماندە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی سەرکانی لە دۆڵی باڵەیانی ناوچەی باڵەکایەتیی سەر بە ناحیەی گەلاڵە لە پارێزگای هەولێر. لەبەر نالەباریی بارودۆخی ناوچەکە بە هۆی شەڕەوەو لەبەر درك نەکردن بەبایەخی خوێندن لەو سەردەمەدا، لە منداڵیدا نەخرایە بەر خوێندن، بەڵام لە هەرەتی لاوێتیدا رووی لە بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کردو فێری خوێندەواری بوو.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە رێکخراوی قەندیلی سەر بە کۆمیتەی راپەڕین رێك خرا. ساڵی ١٩٨٠ بووە پێشمەرگەو ماوەیەك لەکەرتی زیندانی سەر بە مەکتەبی عەسکەری لە ناوزەنگ خزمەتی کرد. ساڵی ١٩٨٢ گوێزرایەوە بۆ هەرێمی ٧ی باڵەك و هەر لەو ساڵەدا هەرێمەکە بووە تیپی ٧٤ی باڵەك.

ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی مەفرەزەو پاش دوو ساڵ گوێزرایەوە بۆ سنوری رێکخراوی ٢ی هەولێر. ساڵی ١٩٨٨ گوێزرایەوە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە قاسمەرەش و بۆ ساڵی دواتر بە پلەی فەرماندەی کەرت بۆ تیپی ٧٤ی باڵەك گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٩٠ پاش پێکهێنانی بەتالیۆنی ٤، وەك فەرماندەی کەرت لە بەتالیۆنەکە خزمەتی کردو بۆ ساڵی دواتر بووە جێگری سەرتیپ لەبەتالیۆنەکە.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەرکەکانی خۆی

جێبەجێ کردو بەشدار بوو لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان. ساڵی ١٩٩٢ دوای فراوانبوونی هێزەکان، کرایە فەرماندەی تیپ لەبەتالیۆنی ساکۆت لە ناوچەی قەسرێ. ساڵی ١٩٩٣ لە سوپای یەکگرتووی کوردستان بووە فەرماندەی سریە لەلیوای ٣٠. هەر ئەو ساڵە بووە یاریدەدەری فەرماندەی فەوج. ساڵی ١٩٩٦ لە لەشکری ١٤ی باڵەك بووە فەرماندەی تیپی باڵەییان. ساڵی ١٩٩٧ بووە فەرماندەی هێز لە فەرماندەیی باڵەك.

لە ١٣ی ئەیلولی ٢٠٠٢ لە قەڵاچوالان بەشداریی لە خولی شەشەمی سەربازیدا کردو ساڵی ٢٠٠٥ کرایە فەرماندەی فەوج لە لیوای ١٣٠ی شارباژێر.

## محەمەد حەمە سەعید ئەحمەد



کادیری ڕێکخستنو پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی تیپ. ناسراو بە مامۆستا شاهۆ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی عەبابەیلێی ناوچەی هەڵەبجە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی لە هەڵەبجە تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٧٣دا دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ وازی لە خزمەتی سەربازی هێناوە و چۆتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و لەوێ بە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەڵەبجە دامەزراوە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ پەنای بۆ ئێران بردووە و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە. لەوێ بۆتەوە بە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەڵەبجە. هەر ئەو ساڵە لە ڕێی مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادرەوە، ناسراو بە شێخ عەلی، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٦دا دوای ئەوەی دەزگا ئەمنییەکان گورزێکی قورسیان لە ڕێکخستنەکانی هەڵەبجە دا و شیرازەی ڕێکخستنەکانیان شێواند، ڕۆڵێکی کارای لە ڕێکخستنەوەی هێڵ و شانە پچڕاوەکانی ڕێکخستنی هەڵەبجەدا گێڕا و توانی پەیوەندیی نێوان ڕێکخستنەکانی شارو هێزی پێشمەرگە بگێڕێتەوە. لەو ماوەیەدا هەڵمەتێکی کارای بۆ دابین کردنی کۆمەکی دارایی بۆ هێزی پێشمەرگە ڕێکخست.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری هەرێمی ١ی هەورامان ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. سەرەتا لە شنروێ کرایە جێگری فەرماندەی مەفرەزەو رابەری سیاسیی مەفرەزەیەکی سەر بە کەرتی یەك. هەر ئەو ساڵە دوای ئەوەی ژمارەی پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە زیادی کرد و مەفرەزەکە بووە کەرت، لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی کەرت و رابەری سیاسیی کەرتی ٢ی پی سپێردرا و لە کۆتایی ساڵدا دوای شەهیدبونی فەرماندەی کەرت ئەحمەد گریانەیی لێپرسراوەتیی کەرتەکەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٧٩ گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٥ی سورێن. ساڵی ١٩٨٢ دوای کارکردن بە سیستمی تیپەکان، لێپرسراوەتیی تیپی ١٥ی شارەزوری پێ سپێردراو هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد.

ساڵی ١٩٨٤ ململانێی ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دۆخێکی ساردوسڕی بەسەر پەیوەندییە ناوخۆییەکاندا هێنا و لەم چوارچێوەیەدا

محەمەد حەمە سەعید ئەحمەد بڕیاری دا لە بەرپرسیارێتی دور بکەوێتەوە و دەستبەرداری هەموو پلە و پۆستەکانی بێ. لەم سەروبەندەدا لەگەڵ مەفرەزەیەکی حەوت کەسیدا ماڵی بردە گوندی نەوتی لە ناوچەی قەرەداغ. بەڵام ئەم خۆ دورخستنەوەیە کاریگەریی نەکردە سەر بەشداریی وەك پێشمەرگە لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی هێزەکانی عیراق بۆ سەر قەرەداغ. ساڵی ١٩٨٨ پەنای بۆ ئێران برد و لە شارۆچکەی پاوە گیرسایەوە. ساڵی ١٩٨٩ ماڵی بردە کامپی ئاوارەکانی گەلیان لە دەوروبەری کەنگاوەر لە پارێزگای کرماشان.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ کوردستان و پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردەوەو دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، لێپرسراوەتیی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانیی پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٩٤ دا کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی.

لە ساڵی ١٩٩٧دا بووە قایمقامی ناوەندی سلێمانی. لە ساڵی ٢٠٠١ دا لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ڕێکخستنی شارەزوری گرتە ئەستۆ. ساڵی پاشتر خوێندنی لە کۆلێجی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کردو پلەی بەکالۆریۆسی لە یاسا بەدەستهێنا. ساڵی ٢٠٠٣ لێپرسراوەتیی نوێنەرایەتی کردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە سنوری هەورامان و هەڵەبجە و پێنجوێن پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی ماستەری لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی وەدەست هێنا. تێزی ماستەرنامەکەی لەسەر جینۆسایدی کورد بوو. لە ساڵی ٢٠١٣دا بە پلەی بریکاری وەزیر خانەنشین کرا.

## محەممەد خورشید



کادیری دێرینی ڕێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو یەکێ لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان. ناوی تەواوی محەممەد حەسەن خورشید. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك.

ژیانی سیاسیی لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەست پێدەکا، کاتێك لە ساڵی ١٩٧٢دا پەی بەوە برد کە لەپاڵ پارتی دیموکراتی کوردستانو لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، ژیانی سیاسیی کوردستان گروپێکی تری تێدایە کە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە، بەڵام پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵەوە کەوتە ساڵی پاشتر، کاتێك نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا، کادیری کۆمەڵە، لە ڕیزی ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵە ڕێکی خست. لە ساڵی ١٩٧٤دا بووە ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

لەو ماوەیەدا خەریکی خوێندن بوو لە کەرکوكو لە هەمان کاتدا ئەرکەکانی خۆی وەك کادیرێکی ڕێکخستنە نهێنییەکان هەڵدەسوڕاند. لە ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ هەر یەك لە کۆسرەت رەسول عەلیو شوان عەلی سەعیدو رەئوف ئاکرەییو لەتیف عومەر مستەفا بەشداریی لە دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستاندا کرد. ئەو کۆبونەوەیە کە یەکێتییەکەی تێدا دامەزرا، لە ماڵی ئەو لە کەرکوك بەسترا و تێیدا گەلاڵەی بەرنامە و

پەیڕەوی ناوخۆ پەسند کرا و ئەنجومەنێکی کاتیی بەڕێوەبەری لێ پێك هات.

ساڵی ١٩٧٨ پاش پێکهێنانی کۆمیتەی ئاگر لە کەرکوك، بووە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەکە.

ساڵی ١٩٧٩ لە ڕەوتی ڕێکخستنەوەی دەزگاکاندا، یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕ سەرلەنوێ دامەزرایەوەو لە کۆنفرەنسێکدا کە بە شێوەیەکی نهێنیو بە سەرپەرشتیی قادر حاجی عەلی لە شاری سلێمانی بەسترا، سەرلەبەری یەکێتییەکە ڕێك خرایەوە. لەو کۆنفرەنسەدا ئەو وەك لێپرسراوی لقی کەرکوکی ڕێکخراوەکە بەشداریی کرد. لەو کۆنفرەنسەدا وشەی «شۆڕشگێڕ» لە ناوی ڕێکخراوەکە لابرا، پرۆگرام و پەیڕەوێکی تازە بۆ ڕێکخراوەکە دانرا و ڕێکخراوەکە بەو ئاراستەیەدا برا کەوەك ڕێکخراوێکی پیشەیی کار بکا.

ساڵی ١٩٧٩ یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگەی ناوشاری کەرکوك لە چەند کادیرێك پێك هات لەوانە سوارە کەمال و خالد پەرستیارو نوعمان کلاوقوت. لەو ماوەیەدا ئەرکی ڕێکخەری پەیوەندیی نێوان کۆمیتەی ڕێکخستنی ناوخۆو کۆمیتەی ئاگری گرتە ئەستۆو هەروەها توانی رایەڵەیەکی پتەوی پەیوەندی لە نێوان مەفرەزەکانی پێشمەرگەی چەمی ڕێزانو کۆمیتەی ئاگردا پێك بێنێ.

هەمان ساڵ خوێندنی لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر تەواو کردو لە دوکان بە مامۆستا دامەزرا.

ساڵی ١٩٨٠ بڕیار درا وەك نوێنەری کۆمیتەی ئاگر بەشداری لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا بکا. لەم سەروبەندەدا لەگوندی دێلێژەی ناوچەی قەرەداغ، لە کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ ئازاد هەورامیی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لێپرسراوی لقی ٢ی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گەشە بە ئاستی هەماهەنگیی نێوان ڕێکخستنەکانی ناو شارو هێزی پێشمەرگە درا. هەر ئەو ساڵەو لە کاتێکدا کە خۆی بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرەنسی کۆمەڵەدا ئامادە کردبوو، دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوك دەستگیریان کرد. دوای چوار مانگ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی کەرکوك و دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەت، دەزگا ئەمنییەکان هیچ زانیارییەکیان لەسەر ڕێکخستنە نهێنییەکان لێ هەڵنەکڕاند. ڕەتکردنەوەی هاوکاری کردنی دەزگا ئەمنییەکان کە دەیانزانی زانیاریی گرنگی لەسەر ڕێکخستنەکانی کەرکوك و بەشێکی ڕێکخستنەکانی هەولێرو سلێمانیو بەغدا پێیە، دەزگا ئەمنییەکانی هان دا لە دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بیدەنە دادگاو فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکەن. پاش بڕیارەکە، بۆ زیندانی موسل گوێزرایەوەو لەوێ پاش سێ مانگ، بە هەوڵ و تەقەللای عەبدولسەتار تاهیر شەریفی وەزیری پێشوی شارەوانییەکانی عیراق، سزاکەی سوك کرایەوەو لە فەرمانی کوشتنەوە کرایە زیندانی هەتا هەتاییو لەم سەروبەندەدا بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب گوازرایەوە. ساڵی ١٩٨٢ لە چوارچێوەی لێبوردنێکی گشتیدا ئازاد کرا.

لەو ماوەیەدا لە شاری سلێمانی گیرسایەوەو درێژەی بەپەیوەندییەکانی دا لەگەڵ هاوڕێکانی لە هێزی پێشمەرگە. ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە دامەزراندنی کۆمیتەی بەرگری لە قوربانیانی ئەنفال کرد. ساڵی ١٩٩٦ کوردستانی بەجێ هێشت و لە فنلاند گیرسایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا کۆمیتەی ریفراندۆمی لەفنلاند دامەزراندو بانگەشەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێی راپرسییەوە کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

* ئاگر (کۆمیتەی ڕێکخستن).

* یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان.

# محەمەد خۆشناو



کادیر و پزیشك. ناوی تەواوی محەمەد قادر قادر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی سناوەی ناوچەی خۆشناوەتی لەقەزای کۆیە. خوێندنی سەرەتایی لەگوندی نازەنین‌و ناوەندی‌و دواناوەندیی لە کۆیە تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد بەڵام دوای لێ کرا بگەڕێتەوە بۆ هەولێر تا خوێندنی تەواو بکا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٨ دا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کادیرەکانی هێزی پێشمەرگەدا دروست کردو لەم ڕێگەیەوە چەندین جار توانییەتی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی بنێرێ. لە ساڵی ١٩٨٨دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری پزیشکیدا لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێنا.

پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ کرایە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی رەواندز. ساڵی دواتر ئەرکی هەماهەنگیی نێوان بەرەی کوردستانی‌و نوێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە کوردستان گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە بووە جێگری لێپرساوی دەزگای تەندروستیی کوردستان (K.H.F) و لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی خۆبەخشانەو بە شێوەی تیم بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان سەردانی گوندەکانی کردووە.


ساڵی ١٩٩٤ وەك پزیشکی تایبەتی تاڵەبانی کاری کردو تا ساڵی ٢٠٠٧ لەسەر ئەم لێپرساوەتییە بەردەوام بوو.

ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێنا و هەر ئەو ساڵە بووە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی رزگاری لە هەولێر. هاوینی هەمان ساڵ بەهۆی هێرشی هاوبەشی سوپای عیراق‌و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، هەولێری بەجێ هێشت‌و لە ناوچەکانی سەر سنوری عیراق-ئێران گیرسایەوە.

پاش بەڕێوەچونی ئۆپەراسیونی یەکەمی گەردەلولی تۆڵە کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانیان لە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە، بنکەی تەندروستیی شۆڕشی بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگە لە سلێمانی دامەزراند. لە ساڵی ١٩٩٨ بنکەکە وەك نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی پێشمەرگەو کەسوکاریان کاری کرد. هەمان ساڵ کرایە کارگێڕی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەو لێپرساوی بنکەی تەندروستیی پێشمەرگە. لەو ماوەیەدا رەنجێکی زۆری بۆ کردنەوەی بنکەی دیکەی تەندروستی لە رانیەو قەڵاچواڵان و شارەزورو کەلار دا.

ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی زەمالەی لە کۆمەڵەی پزیشکانی ئوردون لە بواری پسپۆرییەکەی خۆی بەدەست هێنا. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٦دا وەزیری تەندروستی بوو لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٦دا لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکانی شۆڕشی گرتۆتە ئەستۆو لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە کاتی نەخۆش کەوتنی تاڵەبانیدا، یاوەریی کردوە بۆ ئوردون‌و بەشداریش بووە لەو نەشتەرگەرییانەی کە لە ئوردون بۆی کراون.

## محەمەد رازانی*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و فەرماندەی تیپ. ناوی تەواوی محەمەد پیرۆت مەحمود. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی رازان لە دامێنی چیای پاشکێلی ناوچەی پشدەر. ساڵی ١٩٦٢ خراوەتە بەر خوێندن لە گوندی گەناو و لەوێ قۆناغی سەرەتایی خوێندنی تەواو کردووە. لەبەر هەلومەرجی شەڕ، خوێندنی بەپچڕ پچڕی تەواو کردووەو دواتریش بۆ خوێندنی ناوەندی روی کردۆتە شاری قەڵادزێ.

لە ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق و بۆردومان کردنی شاری قەڵادزێو دەوروبەری، خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بوە. ئەو ماوەیەی لەگەڵ خێزانەکەیدا لە یەکێ لە ئۆردوگاکانی ئاوارەکان لە ئێران بەسەر بردوەو هەر لەوێش پۆلی دووی ناوەندیی تەواو کردوە.

لە ساڵی ١٩٧٥دا دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوەو لە گوندی رازان گیرسایەوە. ئەم قۆناغە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەرەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەییو بیرکردنەوەی سیاسیی هەبوو.

هەر ئەو ساڵە راپێچی سەربازی کرا و بۆ باشوری عیراق گوێزرایەوە. لە ساڵی ١٩٧٦دا هەواڵی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری پێ گەیی. لە نزیکترین دەرفەتدا بەبیانوی مۆڵەت گەڕایەوە بۆ گوندی رازان و لەوێ پەیوەندیی بە مەفرەزەیەکی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کرد.

لە ساڵی ١٩٧٩دا لەگەڵ جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەویش جیا بۆوەو لە ناو بزوتنەوەی سۆشیالیستو دواتر لە ناو حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستاندا درێژەی بەخەباتی پێشمەرگانەی دا، بەڵام نەیتوانی پەیوەندییەکی سەقامگیر لەگەڵ جیابووەکاندا دابمەزرێنێ، جگە لەوەی کە لە ساڵی ١٩٨١دا لەسەر سنور هەندێ کێشەی لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێراندا بۆ دروست بوو و لە دواییدا رەوتی رووداوەکان بەو ئاکامە گەیشت کە لە ئێران دەستگیر بکرێو ماوەیەك لە شاری سنە زیندانی بکرێ.

پاش ئازادبونی، لەگەڵ چەند کادیرێکی حزبی سۆسیالیست پەیوەندیی بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانییەوە کردەوە. ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستمی هەرێمەکان و کارکردن بەسیستمی تیپەکان، بڕیار درا تیپێك بە ناوی تیپی ٦٣ی جوتیارانەوە لەو کادیرانە پێك بهێنرێ کەپێشتر ئەندامی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بونو لەم سەروبەندەدا رازانی کرایە فەرماندەی تیپەکە. سنوری تیپەکە ناوچەی پشدەرو بەری مەرگەی گرتۆتەوە.

تیپەکە لەسەر دەستی رازانی زۆر گەشەی کردو بووە یەکێ لە تیپە هەرە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە. رازانی بارەگای تیپەکەی لەگوندی باوزێ داناو لە ساڵی ١٩٨٣دا فەرماندەیی یەکێ لەگەورەترین شەڕەکانی تیپەکەی لە دژی سوپای عیراق کردو بە درێژایی چوار رۆژ بەرپەرچی هێرشەکانی دایەوەو نەیهێشت هێزەکانی عیراق گردە بێناس بگرن. شەڕەکە کوژرانی ٣٠٠ سەربازو پێکرانی دوو هەلیکۆپتەری لێ کەوتەوە. هەر ئەو ساڵە بارەگای تیپەکەی بۆ گوندی کانی تووی ناوچەی مەرگە گواستەوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی

زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)و ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری (١٩٨٧).

ساڵی ١٩٨٨ لە دۆڵی جافەتیو بەری مەرگەو دۆڵی مێرگەپان بەشدارییەکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا کرد. بەتایبەتی لە شەڕەکانی ٢٦ی شوبات لەگوندەکانی گەورە قەڵاو کۆچەروتانو بێدەلان و شەڕەکانی ٢٧ و ٢٨ی شوبات لە چیای ئاسۆسو شەڕەکانی ٢٩ی شوبات لەگوندی تەوەکەل.

شەوی ٢ لەسەر ٣ی ئازاری ١٩٨٨ لە شەڕێکدا لەگوندی شەدەڵە لەگەڵ دوو پێشمەرگە شەهید بوو. پێش شەهیدبونی بە چەند رۆژێك، خوشکێکی لە بەری مەرگە شەهید ببوو.

بابەتی پەیوەندیدار:

* گردە بێناس (شەڕ).

* جوتیاران (تیپ).

## محەمەد سابیر ئیسماعیل



کادیری پێشکەوتوو و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە.


لە دەروازەی چالاکیی خوێندکارییەوە، چۆتە ناو جیهانی سیاسەت، کاتێك لە ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٣ بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیرا. ساڵی دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیان. ساڵی ١٩٦٤ لە رووداوی لەتبونی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر باڵی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسیدا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد.

ساڵی ١٩٦٥ لە بەشی فیزیای کۆلیجی زانستەکانی زانکۆی بەغدا وەرگیرا. لەو چوار ساڵەی کە لە بەغدا بوو، ئەندامی رێکخراوی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە زانکۆی بەغدا. ساڵی ١٩٦٩ بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردرایەوەو لە کۆنفرەنسی بەکرەجۆ بووە لێپرسراوی لقی سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە کرد. پاش یەکگرتنەوەی دوو باڵە رکابەرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانی. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لە کاتێکدا کە مامۆستا بوو لە زانکۆی سلێمانی، وازی لە زانکۆ هێناو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو ماوەیەك ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ بوو. پاشان کرایە ئەندامی لیژنەی قەزای سلێمانی کە بارەگاکەی لە گوندی یاخسەمەر بوو لە دۆڵی جافایەتی.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و هەر ئەو ساڵە کرایە بەڕێوەبەری کارگەی پلێتی ئەلەمنیۆم لە ناسریە. ساڵی ١٩٧٧ بۆ تەواوکردنی خوێندن چوو بۆ سویدو هەر ئەو ساڵە بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو وڵاتە.

ساڵی ١٩٨٣ بڕوانامەی ماستەری لە بواری فیزیای ئەتۆمی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لە سوید




بەدەست هێنا. لە ساڵی ١٩٨٣ بە دواوە وەك یاریدەدەرێكی ناتەرخان لە بەشی فیزیا لە زانكۆی ستۆكهۆڵم و دواتر وەك لێكۆڵیار كاری كرد. ساڵی ١٩٨٨ بڕوانامەی دكتۆرای لە فیزیای ئەتۆمی لە هەمان زانكۆ بەدەست هێنا.

ساڵی ١٩٩٢ دوا بەدوای پێكهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كرایە نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان لە فەرەنسا و تا ساڵی ٢٠٠١ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو.

ساڵی ٢٠٠١ لە كۆنگرەی دووەمی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كە لە سلێمانی بەسترا، بە ئەندامی كۆمیتەی سەركردایەتی هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە لە جێی دكتۆر بەرهەم ساڵح كە گەڕایەوە بۆ كوردستان و سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حكومەتی هەرێمی كوردستانی گرتە ئەستۆ، كرایە نوێنەری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە واشنتن. ساڵی ٢٠٠٤ بووە باڵیۆزی عیراق لە كۆماری چین. ساڵی ٢٠١٠ لێپرسراوەتیی سەرۆكی فەرمانگەی ئاسیاو ئوستورالیای لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە كۆنگرەی سێیەمی حزب كردو بە ئەندامی خولی دووەمی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٦ كرایە باڵیۆزی عیراق لە بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان لە ژنێف.

لە ٤ی ئابی ٢٠١٨دا ئەنجومەنی ناوەندی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بە شێوەیەكی فەرمی كاندیدی كرد بۆ پۆستی سەرۆكی عیراق. لە ١٩ی ئەیلولدا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی كاندیدێكی فەرمی بۆ پۆستی سەرۆكی كۆمار، لە سەرجەمی ٤٣ دەنگ ١٥ دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتیی بەدەست هێنا كە بەشی دابین كردنی هەلی كاندیدكردنی نەدەكرد. هەر ئەو ڕۆژە، پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەكە بە چەند سەعاتێك، پەیامێكی لەم بارەیەوە بڵاوكردەوە، بە سینگ فراوانییەوەو بە گیانێكی دیموكراتییانە ئەنجامەكەی پەسند كردو لە پەیامەكەدا سوپاسی پشتیوانەكانی كرد، لەوانە بە شێوەیەكی تایبەت ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەند، هەروەها سوپاسی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی سەركردایەتیی كرد كە دەنگیان پێ داوەو لە دەربڕینی هەڵوێستێكی جوامێرانەدا وتی «دیارە خۆكاندیدكردنی من بۆ ئەم ئەركە، بۆ خزمەتی كوردو یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و ڕێبازی مامی گەورەمان بوو كە ڕێبازی ڕاپەڕاندنی ئەركی سەر شان و قبوڵكردنی مافی خۆكاندیدكردن و پەسندكردنی دەرەنجامی دەنگدانی دیموكراتیشە».

ساڵی ٢٠١٩ ڕۆژنامەنوس خەڵەف غەفور

چاوپێکەوتنێکی دورو درێژی لەگەڵ ئەنجام دا کە تێیدا بە وردەکارییەکی زۆرەوە باسی وێستگە گرنگەکانی ژیانی سیاسی و دیپلۆماتکاری و ئەکادیمیی خۆی کردووەو لەم سەروبەندەدا گوزەرێکی خێرای بە قۆناغە جیاوازەکانی جوڵانەوەی کورددا کردووەو تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە زۆر بابەت دەربڕیوە. چاوپێکەوتنەکە لە چوارچێوەی وێژەی یاداشتنوسیدا بەهایەکی دیکۆمێنتاریی هەیە کە تێیدا فۆکس خراوەتە سەر چەند بابەتێکی گرنگ، بەتایبەتی لەو بەشەی کە لە دوتوێی ٢٨ لاپەڕەدا چەردەیەك بەڵگەنامەی دەستنوسی تێدا نمایش کراوە. چاوپێکەوتنەکە بە شێوەی کتێبێکی گیرفان بە ناونیشانی «باڵیۆز: لە سلێمانییەوە بۆ جنێڤ» لە دوتوێی ٢٣٢ لاپەڕە لە لایەن ماڵپەڕی مەودا پرێسەوە لە سلێمانی دەرچووە.

## محەمەد سابیر کەریم



کادیری ڕێکخستنو کۆمەڵایەتی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی سلێمانی. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە سلێمانیو خانەی مامۆستایانی لە ساڵی ١٩٦٦دا تەواو کردووە. هەر ئەو ساڵە لە قەڵادزێ بە مامۆستا دامەزراوەو پاشان بۆ سلێمانی گوێزراوەتەوە.

ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو دواتریش پەیوەندیی بە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە کردەوەو لەم ڕێگەیەوە بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەر لەو ماوەیەشدا بووەتە پێشمەرگەی ناو شار.

لە کاتی سەرهەڵدانی دوبەرەکی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. ساڵی ١٩٦٥ مەفرەزەیەکی ئاسایش هەڵی کوتایە سەر ئەو خوێندنگەیەی کە لێی دەخوێندو خۆیو چەند خوێندکارێکی بە قۆڵبەستراوی راپێچی گرتوخانە کرد. لەلێپرسینەوەدا لەگەڵ ئەم پۆلە خوێندکارەدا، زۆرتر لەو خۆپیشاندانە دەکۆڵرایەوە کە لە سلێمانی لە دژی ڕێککەوتنەکەی بارزانی- سەرکۆمار عەبدولسەلام عارف ساز کرابوو و خوێندکارە دەستگیرکراوەکان بەشدار بون تێیدا. پاش نزیکەی شەش مانگ، دوای ئەوەی کە خوێندکارەکان هیچیان لەسەر ساغ نەبۆوە، ئازاد کران.

لەو قۆناغەی ژیانیدا وەك هەڵسوڕاوێکی چاپوکی باڵی مەکتەبی سیاسی کاری کردوە. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، کرایە ئەندامی ناوچەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان. هەر ئەو ساڵە بەهۆی جەمال تاهیرەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.


لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥دا بەر شاڵاوی گرتنو راوەدونانی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران کەوت، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ڕێکخستندا دەستگیر کرا و بۆ لێکۆڵینەوە بۆ گرتوخانەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتیی بەغدا راپێچ کرا. لە ئایاری ساڵی پاشتر، لەو سۆنگەیەوە کە هیچی لەسەر ساغ نەبۆوە، ئازاد کرا.

پاش ئازادکردنی، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەوە کردەوەو وەك کادیرێکی هەڵسوڕاو کاری کرد. لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٩دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ماوەیەك لە ناوزەنگ لە بارەگاکانی سەرکردایەتی مایەوە. ساڵی ١٩٨٠ وەك لێپرسراوی لیژنەی ناوچە لە

سنوری دوکان کاری کردو ساڵی دواتر بە هەمان پلە بۆ کوڕەداوێ گواسترایەوە. ساڵی ١٩٨٢ بەشداریی لەکۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد. ساڵی ١٩٨٣، دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی لقەکان، کرایە لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی لە مەڵبەندی دوو. لەو ماوەیەدا رۆڵێکی کارای لە یارمەتیدانی لادێ نشینەکاندا بۆ پێکەوەنانی ئەنجومەنی ئاواییەکان گێڕا. لە ساڵی ١٩٨٤دا بەشداریی لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد لە مێرگەپان. سەرباری کاری رێکخراوەیی و کۆمەلایەتی، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ژمارەیەك چالاکیی هێزی پێشمەرگەی کردووە. ساڵی ١٩٨٦ بە هۆی نەخۆشییەوە لە رێی ئێرانەوە چوو بۆ ئەڵمانیا و لەوێ گیرسایەوە. ساڵی ١٩٩٠ لەکۆنفرەنسی رێکخستندا کە لە نۆرنبێرگ بەسترا، بە لێپرسراوی رێکخستنەکانی ئەڵمانیا هەڵبژێردرا و تا ساڵی ١٩٩٤ لەسەر ئەم لێپرسراوەتییە بەردەوام بوو. ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ کوردستان. ساڵی ٢٠١٣ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

لە ٨ی کانونی یەکەمی ٢٠١٥دا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی هانۆڤەر لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.

## محەمەد سوڵتان*



پێشمەرگەو کادیری پێشکەوتوی رێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی خێزانێکی جوتیاری شاری قەڵادزێ. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە قەڵادزێ تەواو کردووەو پاشان چۆتە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سلێمانی. ساڵی ١٩٧٠ خوێندنی لە پەیمانگا تەواو کردووەو هەر ئەو ساڵە لە قەڵادزێ لە خوێندنگەی جووتکانیان بە مامۆستا دامەزراوەو وەك ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیش لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، بەردەوام بوو لەسەر پیشەی مامۆستایی. ئەو قۆناغەی ژیانی بە سەرەتای نزیکبونەوەی لە رێکخستنە نهێنییەکان دادەنرێ. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٢ لە خۆپیشاندانە فراوانەکانی قەڵادزێ، کە داوتر سەرتاسەری شارەکانی کوردستانیان گرتەوە، رۆڵێکی پێشەنگی گێڕا. هەر ئەو ساڵە، پاش خۆپیشاندانەکان، دەزگا ئەمنییەکان دەستیان بە تەنگ پێهەڵچنینی کردو لەم سۆنگەیەوە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

لە پێشمەرگایەتیدا، وەك کادیرێکی پێشکەوتوو، چەند لێپرسراوەتییەکی لە بواری رێکخستندا پێ سپێردراوە وەك رابەری سیاسیی تیپی ٦٣ی جوتیاران، ئەندامی کەرتی رێکخستنی قەڵادزێ و لێپرسراوی رێکخستنەکانی سنوری تیپی ٤٣ی ئاسۆس. سەرباری ئەوەی وەك کادیر ئەرکەکانی خۆی لە بواری رێکخستندا بە رێکوپێکی جێبەجێ کردووە، وەك پێشمەرگەش بەشدار بووە لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنوری ناوچەکانی مەرگەو دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕو پشدەرو لە ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٧ی داستانی رزگاری دا بە سەختی بریندار بووە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، ماوەیەك لێپرسراوەتیی کاروباری کوردە پەنابەرەکانی لە ئێران پێ سپێردرا. لە

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لەگەڵ هێزەکاندا دابەزی و ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەپێی نەخشەی ڕاپەڕین جێبەجێ کرد.

پاش ڕاپەڕین لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی قەڵادزێی پێ سپێردرا و دواتر، بەپێی پلانی تازەی ڕێکخستن، لێپرسراوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕانیەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. پاش پێکهێنانی مەڵبەندی ٦ی ڕێکخستنی سۆران، کرایە کارگێڕو ئەرکی لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی سنوری مەڵبەندەکەی پێ سپێردرا.

لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا لە ڕوداوی هێرشی چەند چەکدارێکی توندڕەوی بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ سەر کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕانیە، لەگەڵ پێنج هاوڕێی، شەهید کرا. ڕوداوەکە پەیوەندیی بەو گرژییەوە هەبوو کە سێ ڕۆژ پێش ڕوداوەکەی ڕانیە، لەنێوان لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کفری سەری هەڵدا بوو و کوژرانی چوار ئەندامی بزوتنەوەی ئیسلامیی لێ کەوتبۆوە. هەرچەند لە لایەن بزوتنەوەی ئیسلامییەوە شێخ محەمەد بەرزنجیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لە لایەن یەکێتییەوە لیژنەیەکی پێکهاتوو لە عیماد ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی کەرکوك و مستەفا چاوڕەش پارێزگاری کەرکوك و عوسمان حاجی مەحمودو عەدنان محەمەد قادر ناسراو بە عەدنان حەمەی مینا خێرا بەدەم کێشەکەوە چوو بوون و کاری بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە کردبوو، بەڵام کوژراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی دوو کەسیان تێدا بوو خەڵکی ڕانیە بوون. کاتێك تەرمەکانیان گەیشتۆتە ڕانیە، هەڵچونێکی زۆر لە ناو لایەنگرانی بزوتنەوەی ئیسلامیدا دروست بوو بوو. لەم سەروبەندەدا لە دۆخێکی کۆنترۆڵنەکراودا هێرش کرایە سەر بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕانیەو لە هێرشەکەدا محەمەد سوڵتان و پێنج کادیری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییان بە ڕوداوەکەی کفرییەوە نەبوو، شەهید کران.

بابەتی پەیوەندیدار:

*ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی.

## پاشکۆ

## ڕونکردنەوەی مەڵبەندی ڕێکخستنی ٦ی سۆران دەربارەی شەهیدکردنی هەڤاڵ محەمەد سوڵتان

بە داخەوە ئەمڕۆ کارەساتێکی ناخۆش لە ڕانیە، ئاسایشی ئەو شارەی تێکدا، شەڕی خستە ناو شارەوە، خەڵکی توشی نارەحەتی و غەم و پەژارەو هەڕەشە کرد.

ئەمڕۆ ئەندامانی باڵێکی توندڕەو لە ناو بزوتنەوەی ئیسلامی چوونە سەر بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕانیەو هەڤاڵی تێکۆشەر محەمەد سوڵتان کارگێڕی مەڵبەندی ٦ و پێنج هەڤاڵی تریان شەهید کرد.

ئەم کارە بەو شێوەیەی کە ئەنجام درا، کارێکی ناجوامێرانەوئاژاوەگێڕییە، دوژمنایەتی کردنی ئاسایشی ناو شارەکانە، تێکدانی ژیان و ئارامی و هێمنییە لە خەڵکی خۆڕاگری کوردستان، هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆییەو خزمەت کردنی ئامانجە گڵاوەکانی دوژمنانی کوردو کوردستانە.

زۆر بە داخەوە ئەو دەستەیە ئەو ڕێککەوتنەیان شکاند کە پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر، لەم مانگەدا لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی مۆر کرابوو. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە دەبوو کێشەو گیروگرفتی نێوانمان بە

ڕێگەی سیاسی و دوور لە بەکارهێنانی چەك و خوێن ڕشتن چارەسەر بکرێ.

رووداوە دڵتەزێنەکانی کفری بە هەوڵو کۆششی هەردولا، هەڤاڵانی مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوك و مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی و هەوڵی دڵسۆزانەی مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی دەستیان بەسەردا گیرا و ڕێك کەوتین کە بوار نەدەین ئاڵۆزی و پشێوی بخەنەوە، بەڵکو بە ڕێگەی برایانە چارەسەر بکرێن.

بەڵام دیارە دەستی ئاژاوە کار دەکات و ژیان لە خەڵکی کوردستان تێك دەدا و ئاسایشی خەڵکی دەشێوێنێ، ئەگینا پاش ڕێککەوتن و دەست گرتن بەسەر کێشەکەدا بۆچی ئەو دڕەندەییە، بۆچی ڕەفتاری وا نابەجێ و خراپکاری.

ئەمڕۆ بزوتنەوەی ئیسلامی بڕیاری دا خۆپیشاندان لە ڕانیە بکا. ئێمە بۆ خۆ دورخستنەوە لە گیروگرفت و سازبونی حەساسیەت، بە برایانی پارتیمان وت ئێوە بەشداری بکەن و هەوڵ بدەن لەبری ئێمەش هێمنی و ئارامی بپارێزن و بە رووحی ڕێککەوتنی ستراتیجیی نێوانمان با شەڕو گێچەڵ لە شارەکان دوور بخەینەوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئاگاداری هەموو کەین و بەینی خۆئامادەکردن بووین بۆ خۆپیشاندان و دیاردەی چەکداری، بەڵام بۆ بەرگرتن لە شڵەژانی شارو وەزعەکە، هیچ پاراستنی چەکداری کۆمیتەی ڕێکخستنی رانیەمان زیاد نەکردو حاڵەتی ئامادەبونمان پێك نەهێنا تا بە شێوەیەکی ئاسایی و بێوەی، ئەو هەڵچوون و خۆپیشاندانەی بزوتنەوەی ئیسلامی بە هێمنی تێپەڕ بکا.

دیار بوو ئەوانەی کارەکەیان کرد، بڕیاریان دابوو ئاژاوەیەکی گەورە ساز بکەن، بۆیە لە بەردەمی کۆمیتەی ڕێکخستنی رانیە کردیان بە ئاژاوەو پاشان بە تەقەو بەکارهێنانی ئارپیجی و هەموو جۆرە چەکێك، هەرچەند لەسەر داوای خۆیان هەڤاڵ محەمەد سوڵتان هاتە خوارەوە تا قسەیان لەگەڵ بکاو ئارامیان بکاتەوە، بەڵام لوولەی غەدرو ئاژاوەیان تێکردو خۆی و پێنج هەڤاڵی تریان هەر لەو شوێنە، لە ناو ڕێڕەوی ناوەوەی کۆمیتەی ڕێکخستن شەهید کرد.

ئەم کارە ڕەفتارێکی دژی لێپرسراوەتی و نامەسئولە. هی کەسانێکی وایە کە هیچ هەستێکیان لە ئاست مەسەلە نیشتمانی و مرۆییەکان نیەو دەستیان لە کاری خراپە ناگێڕدرێتەوە. ئەگینا بۆچی وا زوو تێکدانی ڕێککەوتنەکە؟ بۆچی بەفیڕۆدانی ڕەنجی مامۆستا شێخ محەمەدو هەڤاڵانی تر؟ بۆچی تێکدانی نێوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی بەگشتی؟ بۆچی و بۆ کێ ئاژاوەنانەوەو شەهیدکردنی ڕۆڵەی وا کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە دژی زوڵم و زۆرداری و دژی بەعسی داگیرکەر خەبات دەکا؟

ئێمەو گەلەکەمان لەوان دەپرسین: ئەم کارانە بۆچی؟

داوا لە حکومەتی کوردستان دەکەین بە زووترین کات تاوانکاران بداتە دادگاو ڕێگە بە گێرەشێوێنی نەدا.

مەڵبەندی ڕێکخستنی ٦ی سۆران


١٩٩٣/١٢/٢٠

## محەمەد سەلیم ئەحمەد



کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٩ی شەقڵاوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شەقڵاوە و پەیمانگای ڕوپێوی لە بەغدا تەواو کردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٩ دەست پێ دەکا، کاتێك لەو




ساڵە بۆتە ئەندام لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی سەر بە باڵی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستان بە رابەرایەتیی برایم ئەحمەد. ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا بەشدار بوو لە دوایین کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیان کە لەو کاتەدا سکرتێرەکەی فازڵ مەلا مەحمود بوو. لە کۆنگرەکەدا ، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی یەکخستنەوەی هەردوو باڵە رکابەرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بڕیار درا رێکخراوەکە هەڵبوەشێنرێتەوە و هەموو ئەندامەکانی بچنە ناو رێکخراوە خوێندکارییەکەی باڵەکەی تر.


ساڵی ١٩٧٢، لە رێی جەمیل رەنجبەرەوە، پەیوەندیی بە رێکخراوە نهێنییەکەی کۆمەڵەی مارکسی — لینینیی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٤، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و بووە پێشمەرگە. هەر لەو ماوەیەشدا بەشدار بوو لە خولێکی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە گوندی زینوێی ناوچەی باڵەکایەتی رێك خرا بوو. لە هەمان کاتدا بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندییە نهێنییەکەی بە کۆمەڵەی مارکسی — لینینیی کوردستانەوە و لەو ماوەیەدا ئەو و جەمیل رەنجبەر، هەر یەکەیان بە جیا، لەو بازنەیەی رێکخستندا بون کە لێپرسراوەکەی شاسوار جەلال بوو.

لەگەڵ هەرەسهێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، دوا بە دوای راگەیاندنی رێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراق و ئێران، ئاوارەی ئێران بوو و چەند مانگێك لە کامپی ئاوارەکانی بابەك لە نزیك ئەهواز گیرسایەوە، بەڵام هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ عیراق و لە رێی عەبدولڕەزاق محەمەد عومەرەوە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵە دەمەزەرد کردەوە. ساڵی ١٩٧٧ بە گومانی پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەوە دەستگیر کرا. سەرەڕای هەموو جۆرە ئەشکەنجەدان و فشارێك، هیچی لەسەر خۆی ساغ نەکردەوە و هیچ نهێنییەکی رێکخستنی نەدرکاند. پاش شەش مانگ گرتن و ئەشکەنجەدان، لە کانونی دووەمی ١٩٧٨دا ئازاد کرا. هەر ئەو ساڵە لە دەستەی تایبەتی روپێو بە کارمەند دامەزرا.

پەیوەندیی لەگەڵ رێکخستنەکان تا راپەڕینی ١٩٩١ بەردەوام بوو. هەر ئەو ساڵە بووە کارگێڕی کۆمیتەی رێکخستنی شەقڵاوە کە لەو کاتەدا نەجم ئەحمەد حسێن لێپرسراوی بوو. ساڵی ١٩٩٣ بووە کارگێڕ لە مەڵبەندی رێکخستنی سۆران کە بارەگاکەی لە شەقڵاوە بوو. ساڵی ١٩٩٩، لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کرایە قایمقامی شەقڵاوە لە رانیە و ئەرکەکەی مشورخواردنی کاروباری ٢٥٠٠ خێزانی ئاوارەی سنوری قەزای شەقڵاوە بوو. ساڵی ٢٠١٣ خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠١٩ بیرەوەرییەکانی خۆی لە دوتوێی نامیلکەیەکی ٧٦ لاپەرەیی قەبارە بچوکدا بە ناونیشانی « یاداشتی کوردێکی ونبوو» لە هەولێر بڵاوکردەوە و تێیدا ئەزمونی گیران و ئەشکەنجەدانی خۆی بە زمانێکی رەوان و پوخت گێڕایەوە. لە پێشەکیی بیرەوەرییەکاندا وتویەتی « چەند ساڵێك پێش ئەمڕۆ، بیرۆکەی نوسینەوەی ئەم بیرەوەرییانەم بە مێشکدا تێپەڕی تا گەیشتە ئاستی چەکەرەکردن. مەرام لە نوسینەوەیاندا خۆپێهەڵدان نیە. ئەوانەی لە نزیکەوە من دەناسن، دەزانن خۆپێهەڵدان و خۆ بردنە پێشەوە، خاسیەتی کەسێتیی من نیە. مەبەستی من لە نوسینەوەیان، تەنیا بزر نەبونی مێژووەکەیە یان پاراستنی مێژووەکەیە لە شێواندن».

## محەمەد سەیدە



پێشمەرگەو کادیری دێرین. ناوی تەواوی محەمەد رەسوڵ ئەحمەد عومەر. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی وەڵزێ لە ناوچەی باڵەکایەتیی سەر بە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٦٨ چۆتە بەر خوێندن لە گوندەکەی خۆی و لە ساڵی ١٩٧٥ دەستی بە خوێندنی ناوەندی کردووە لە خوێندنگەی ناوەندیی گەڵاڵە.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی لەگەڵ رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا دامەزراندو ساڵی ١٩٧٧ لە رێگەی حەسەن کوێستانییەوە لە یەکێ لە ئەڵقە رۆشنبیرییەکان رێك خرا. هەر ئەو ساڵە پاش راگواستنی گوندەکەیان، لە شارۆچکەی قەسرێ گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا رۆڵێکی گرنگی لە رێکخستندا گێرا، چونکە رێکخەری پەیوەندیی نێوان رێکخستنی شارو شاخ بوو. جگە لە ئەرکی رێکخراوەیی، رۆڵی هەبوو لە رەوانەکردنی چەندین پارچە چەکی وەك کلاشنکۆف و برنەو بۆ ناو شۆڕش. لەو قۆناغەدا ئەم ئەرکە بایەخێکی تایبەتی هەبوو، چونکە یەکێ لەگرفتەکانی شۆڕش چۆنێتیی پەیداکردنی چەکی پێویست بوو. ئەم جموجوڵەی لەقەسرێ، سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی راکێشا، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٨دا دوو جار لە لایەن هەواڵگریی سوپای عیراقەوە لە قەسرێ گیرا و لێکۆڵینەوەی وردی لەگەڵدا کرا، بەڵام هیچی نەدرکاندو لەهەردوو جاردا خۆی دەرباز کرد.

لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی لە کەرتی ٥ی گەڵاڵەی سەر بە هەرێمی ٧ی باڵەك دەست پێکردو لەوێ کرایە بەرپرسی ئیداریی هەرێمەکە. ساڵی ١٩٨٢ بووە بەرپرسی رێکخستن لە کەرتی یەکی تیپی ٧٤ی باڵەك. دواتر، گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٣ی هەمان تیپ. ساڵی ١٩٨٣ کرایە لێپرسراوی پۆل لەکەرتی رێکخستنی چۆمان.

لە مانگی تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە ئەندامی کەرت هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە بۆ بارەگای مەڵبەندی ٣ و لەگوندی توتمە گیرسایەوە. پاش شاڵاوی ئەنفالەکان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کشایەوە بۆ ناوچەکانی سەر سنور.

لە پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لەچەند نەبەردێکدا کردووە لەوانە بۆسەکەی ساڵی ١٩٨٠ی زارگەلی و شەڕەکانی مەڵبەندی سێ. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢دا بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد. لەو ماوەیەدا بەشداریی لە دوو خولدا کردووە،

یەکێکیان خولی برینپێچییە کە ساڵی ١٩٨٠ لەزەڵێ ڕێك خرا و ئەوی تر خولێکی ڕۆشنبیرییە کە ساڵی ١٩٨٤ دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە لە کانی توو لە ناوچەی مەرگە بۆ کادیرەکانی ڕێکخستبوو.

ساڵی ١٩٨٩ گواسترایەوە بۆ دەزگای گومرگ لەسونێ و قەندیل. ساڵی ١٩٩٢ گواسترایەوە بۆ فەوجی ١٢ی باڵەك و پاش دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان کرایە جێگری فەرماندەی لیوای ٣٣. ساڵی ١٩٩٤ لە قۆڵی باڵەك کاروباری ئیداریی پێ سپێردرا.


ساڵی ١٩٩٥ کرایە ڕابەری سیاسی لە قۆڵی وەرتێ و ساڵی ١٩٩٦ کرایە لێپرسراوی زانیاریی لەشکری باڵەك. ساڵی ١٩٩٨ بووە لێپرسراوی ئیدارەی فەرماندەیی لە قۆڵی پشدەر- باڵەك و لە ساڵی ١٩٩٩ هەمان ئەرکی لە سۆران پێ سپێردرا و ساڵی ٢٠٠١ هەمان ئەرکی لە باڵەك وەرگرت.

ساڵی ٢٠٠٤ پلەی عەقیدی بەدەست هێناو کرایە لێپرسراوی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتنی پشدەر. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١١ سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتییەکە بوو. ساڵی ٢٠١١ کرایە بەڕێوەبەر لە هەمان شوێن.

## محەمەد شاکەلی



ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پاش یەکگرتنەوەی حزبی سۆسیالیست و یەکێتیی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٩٣. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٤ی کەلار




کە ئەو کاتە گوندێکی گەورەی ناوچەکە بوو. ساڵی ١٩٥٠ لە کەلار خرایە بەر خوێندن. ساڵی ١٩٥٤ ماڵیان گواستیەوە بۆ گوندی شاکەل بەڵام لەبەر نەبونی خوێندنگە لەو گوندە، ناچار بوو ڕۆژانە بۆ خوێندن بچێ بۆ کەلار. ساڵی ١٩٥٦ بۆ خوێندنی ناوەندی، چوو بۆ شاری کفری. ساڵی ١٩٥٩ڕوی لە کەرکوك کرد تا لەوێ دەست بە خوێندنی ئامادەیی بکاو هەر ئەو ساڵە لەوێ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو دواتریش بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ساڵی ١٩٦١ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە کەرکوك وەرگیرا. لەم قۆناغەی ژیانیدا دەستی بەکاری ڕێکخراوەیی کردو لەم سەروبەندەدا لێپرسراوەتیی چەند شانەیەکی لەکفریو گوندی کارێز گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٦٣ خوێندنی تەواو کردو بە مامۆستا

دامــەزرا. هــەر ئــەو ساڵە، پــاش هێرشی دڕنــدانــەی ڕژێمی بەعس بۆ سەر کوردستانو زیادبونی گوشار لەسەر ڕێکخستنە نهێنییەکان، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو وەك پێشمەرگە بەشدار بوو لە بزاڤی بەرگری لە ناوچەی کفری.

ساڵی ١٩٦٤ پاش ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لە نێوان شۆڕشو حکومەتی عەبدولسەلام عـارف، بڕیار درا کارمەندان و مامۆستایانی شۆڕش بگەڕێنەوە سەر ئیشوکاری خۆیان لە شارەکان. ئەویش بە پێی ئەم بڕیارە گەڕایەوە سەر پیشەی مامۆستایەتی. ساڵی ١٩٦٧ چوە ریزی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوەو دواتریش پەیوەندیی بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو ڕژێمی بەعس، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنی ناوچەی کفریی پێ سپێردرا. دوا بەدوای بڵاوبونەوەی هەواڵی ڕێککەوتنی عیراق و ئێران لە جەزایر لـەئـازاری ساڵی ١٩٧٥ و تەشەنە سەندنی واتەواتی بڵاوە پێ کردنی پێشمەرگە، لەگەڵ چەندین کادیردا سەردانی بەرپرسی لقی ٥ی پارتیی کردو ئامادەیی تەواوی خۆیو کادیرەکانو ٧٠٠پێشمەرگەی بەتالیۆنی کفریو دوزی بۆ بەرگریو درێژەدان بە شۆڕش نیشان دا، بەڵام بەرپرسی لق پێشنیارەکەی بە هەند وەرنەگرتو بڵاوەی بە پێشمەرگەکان کرد. پاش بێئومێدبون لە بەردەوامبونی شۆڕش، وازی لە هەوڵە ناکامەکانی هێناو چۆوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی، بەڵام زۆری نەبرد بۆ دیوانیە دور خرایەوەو هەر ئەو ساڵە، پاش دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لە ناو ئەم ڕێکخراوە دەستی بە خەباتی ژێرزەمینی کرد.

ساڵی ١٩٧٩ پاش دەستگیرکردنی عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی کە هەردوکیان دوو بەرپرسی چالاکی ڕێکخستنەکانی ناو شاری بزوتنەوەی سۆسیالیست بون، ژمارەیەك لەبەرپرسانی کۆمیتەی ڕێکخستنی شارەکان ناچار بون شارەکان بەجێ بێڵن و پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن. بە هۆی ئەمەوە بەشێکی زۆری ئەرکی ڕێکخستنەکان کەوتە ئەستۆی شاکەلی. لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیست کە لە ئایاری ساڵی ١٩٨١ لـە دۆڵـەتـوو بـەسـترا، بـە شێوەیەکی نهێنی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دوای تیرۆرکردنی ساڵح یوسفی، سکرتێری حزبی سۆسیالیست، لە بەغدا لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١، لێپرسراوەتیی هەموو ڕێکخستنەکانی کەوتە سەر شان. لەم قۆناغەدا ئەرکێکی زۆر قورسی گرتە ئەستۆ چونکە دەزگـا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس پاش تیرۆرکردنی یوسفی، هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کەڕێکخستنە نهێنییەکانی حزبی سۆسیالیست ئاشکرا بکەن. ساڵی دواتر، سەرکردایەتیی حزب فشارێکی زۆری خستە سـەر تا شار بەجێ بێڵێو پەیوەندی بەشاخەوە بکا چونکە ترسێکی زۆر لە دوبارەبونەوەی کارەساتی گیرانی عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵیو کارەساتی تیرۆرکردنی ساڵح یوسفی هەبوو. لە مانگی ئابدا شـاری بەجێ هێشت و لە بارەگای سەرکردایەتیی حزب لە بناری چیای قەندیل گیرسایەوە.

لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣ پاش ئەوەی سەرکردایەتیی حزب بـڕیـاری دا کۆمیتەیەکی سـەرکـردایـەتـی بۆ سلێمانیو کەرکوك دابمەزرێنێ، لەگەڵ هەر یەك لە قادر جەباریو محەمەد حاجی مەحمود بووە ئەندامی ئەو کۆمیتەیەو بارەگای کۆمیتەکەی لەشارەزور دانا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ پشتیوانیی لە هەوڵ و تەقەللاکانی ئاشتبونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حزبی سۆسیالیستی کوردستان کرد. لە

کانونی یەکەمدا لە کۆبونەوەی کاولان، سەرکردایەتیی حزب بڕیاری دا شاندێك بنێرێتە لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ رێ خۆش کردن بۆ ئاشتبونەوە. لە کانونی دوومی ساڵی ١٩٨٦دا شاندی حزبی سۆسیالیست بەسەرۆکایەتیی ئەو و ئەندامەتیی هەر یەك لە عەبدولخالق هەورامیو ئامانج شاکەلیو محەمەد کەوچکتاشیو برایم گەرمیانی روی کردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو لەگوندی یاخسەمەر کە بارەگای تاڵەبانیی لێ بوو، چاوی بە تاڵەبانیو ئەندامانی تری سەرکردایەتیی یەکێتی کەوت. ئەم سەردانە بناغەی ئاشتبونەوەی نێوان هەردولای دانا و هەلومەرجێکی لەباری بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان فەراهەم کرد. لەئایاری هەمان ساڵدا بەشدار بوو لەو شاندەی حزبی سۆسیالیست کە لە بەرگەڵوو کەوتە وتوویژ لەگەڵ شاندی یەکێتیو رێککەوتنی ئاشتیی لەگەڵدا واژۆ کرد. ئەم رێککەوتنە رۆڵێکی دیاری لەهاندانی لایەنەکانی تری بەرەی جود هەبوو بۆ هەنگاونان بەرەو دەست پێکردنی پرۆسەی ئاشتبونەوەی گشتیو لەسایەی هەلومەرجی ئەو ئاشتبونەوەیەدا بەرەی کوردستانی پێك هات کە دواتر رابەرایەتیی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کرد.

لە پرۆسەی هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی لەکۆبونەوەی ئابی ١٩٩١ی شەقڵاوەدا، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. لەکانونی دووەمی ساڵی پاشتر وەك نوێنەری حزبی سۆسیالیست بەشدار بوو لەو شاندەی کە بەرەی کوردستانی بۆ سەردانی سوریا پێکی هێنابوو.

ساڵی ١٩٩٢ بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکگرتنی پارتی گەل و پارتی سۆسیالیست (پاسۆك)و حزبی سۆسیالیست کە لە هەولێر بەسترا، بەڵام خۆیو ژمارەیەکی زۆری کادیرەکانی حزب رەوتی کۆنگرەکەیان پەسند نەکرد و بەجێیان هێشت. دوا بەدوای ئەمە، بەشدار بوو لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیست لە ڕانیەو بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٩٣، پاش یەکگرتنەوەی حزبی سۆسیالیست و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بووە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیو پاشان لێپرسراوەتیی مەکتەبی کۆمەڵایەتیی لە هەولێر پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٤ بەشدار بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتیی پارێزگای کەرکوك و لەسێ کۆنگرەی یەك لەدوای یەکدا بەسەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە هەڵبژێردرا. ئەم کۆمەڵەیە وەك یانەیەکی کۆمەڵایەتی، لە هەلومەرجی دەربەدەریی کەرکوکییەکاندا، خزمەتێکی زۆری کەرکوکییەکان و کێشەی کەرکوکی کردوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٧-١٩٩٨ بووە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٠ بووە وەزیری رۆشنبیری. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، لە ماوەی ساڵانی نێوان ٢٠٠٦-٢٠١٠دا لێپرسراوەتیی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی لە حکومەتی یەکگرتوودا گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠١٠ بووە راوێژکاری سەرۆکی هەرێم بۆ کاروباری ئاینی.

ساڵی ٢٠١١بیرەوەرییەکانی خۆی وەك ئەندامی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بڵاوکردەوە. خاوەنی چەند کتێبێکە کە کتێبخانەی کوردییان پێ دەوڵەمەند بووە.

دیارترین بەرهەمەکانی: «لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦-١٩٩٣، لاپەڕە هەڵنەدراوەکان»(٢٠١١).

بابەتی پەیوەندیدار:

* پەیمانی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

## محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی




کادیری دێرینی ڕێکخستن. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٦ی گوندی سۆڵەی دەربەند لە ناوچەی قەرەداغ. لە حوجرەی مزگەوتەوە دەستی بە خوێندن کردووە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەرە. باوکی، شێخ عەبدولکەریمی شێخ کاکە حەمەی شێخ محەمەد، بابە شێخی سۆڵە بوو و دەچێتەوە سەر شێخ ڕەزای دێلێژە و شێخ ئیسماعیلی ولیانی.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٥٨ دەست پێکرد، کاتێك پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد. پاش یەکەم کودەتای حزبی بەعس لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣، کەوتە بەر شاڵاوی ڕاوەدونان، بەڵام خۆی بەدەستەوە نەدا و نەکەوتە دەست دەزگا ئەمنییەکانەوە. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو لە کاتی ئەو قەیرانەی کە ساڵی ١٩٦٤ لە ناو پارتیدا رووی دا، پشتیوانیی لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد.

ساڵی ١٩٦٨ لە بەشی کوردیی کۆلێجی زمان لە زانکۆی بەغدا وەرگیرا. ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و وێژەی کوردی بەدەست هێنا. لە چوار ساڵی سەرەتای حەفتاکاندا وەك هەڵسوڕاوێکی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دەرکەوت.




ساڵی ١٩٧٤ بە مامۆستای زمان و وێژەی کوردی دامەزرا، بەڵام پێش ئەوەی دەستبەکار بێ، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. لەکاتی دەستگیرکردنی لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی و ئازاد خۆشناو و نەریمان فوئاد مەستی و حەسەن فەتاح لە بەغدا، ئەمیش ناوی لە لێکۆڵینەوەکاندا هات و فەرمانی دەستگیرکردنی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ دەرچوو حوکمی غیابی درا. لەو ماوەیەی کە پێشمەرگە بوو، بووە کارگێڕی ناوچەی قەرەداغی لقی ٤ی پارتی. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە مانگی ئایاردا بە مامۆستا لە یەکێ لە خوێندنگە ئامادەییەکانی قەزای حەی لە پارێزگای واست دامەزرا.

لە دورخراوەییدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە پارێزگای واست کەوتە نواندنی چالاکیی ڕێکخراوەیی. ساڵی ١٩٨٠ گواسترایەوە بۆ سلێمانی و لەوێدا وەك مامۆستا لە ناوەندیی خەباتی کوڕان مامۆستایەتیی کرد.

لە ژیانی ڕێکخراوەییدا لە ناو شار، لێپرسراوی ڕێکخستنی لیژنەی ناوچەی سلێمانیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی شەهید لەیلا قاسم و دوو پۆلی ڕێکخستن بوو. پەیوەند بە لێپرسراوەتییە ڕێکخراوەییەکانی لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بەشداریی لە کۆنفرەنسی ساڵی ١٩٨٣ی بالیسان و کۆنفرەنسی ساڵی ١٩٨٥ ی سماقوڵیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا کرد.لە ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٩٠ لە لایەن دەزگای ئەمنی سلێمانییەوە گیراو بۆ ماوەی ٨ مانگ و ٢٠ ڕۆژ لە بەندیخانەی ئەمنی سلێمانی مایەوە. لە کاتی دەستگیرکردنی، کەیسەکەی ساڵی ١٩٧٤ی بۆ زیندوو کرایەوە و بەم هۆیەوە باری گرانتر بوو. لە مانگی تشرینی یەکەمدا لە بەغدا حوکمی موئەبەد درا و بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب نێردرا. لە ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٩١ بەلێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەندامی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك و لە سەرەتای ساڵی پاشتردا بۆ مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی گوێزرایەوەو کرایە بەرپرسی کۆمیتەی شارەزوور. کاتێ مەڵبەندی شارەزوور لە ساڵی ١٩٩٣ دامەزرا، کرایە کارگێڕی ئەو مەڵبەندە بۆ کاری ڕێکخستن. پاش دامەزراندنی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، لە مەڵبەندی شارەزوورەوە وەك کارگێڕی مەڵبەند گوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە. ساڵی ١٩٩٨ گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن و کرایە ئەندامی مەکتەب.

ساڵی ١٩٩٩ بووە بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین کرا. ساڵی ٢٠٠٩ وەک راوێژکار لە دەزگای هەڵبژاردن کاری کرد.

وتارەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوەو چەند کتێبێکیشی دەربارەی قۆناغی خەباتی نهێنی هەیە.


لە ژیانی ڕۆژنامەوانیدا ئەندامی دەستەی نوسەرانی چەند گۆڤارێک بووە لەوانە خەباتی مامۆستایان، نۆبەرە، ڕێبەری پێشمەرگە.

ساڵی ٢٠١٨ لێپرسراوەتیی سەرنوسەری گۆڤاری «زەردە»ی لە ئەستۆ گرت کە گۆڤارێکی روناکبیریی وەرزیی ڕێکخراوی گەشەپێدان و روناکبیریی قەرەداغەو یەکەم ژمارەی لە پایزی ئەو ساڵە دەرچووە. لە سەروتاری یەکەم ژمارەدا نوسیویەتی «ساڵانێکە کۆمەڵێ لە کەسایەتییە خەمخۆرەکانی ناوچەی قەرەداخ بە مەبەستی کۆکردنەوەی قەرەداخییەکان لە ژێر ساباتی ڕێکخراوێکداو بەرنامەڕێژی بۆ زیاتر خزمەتکردن بە ناوچەکە، سەرقاڵی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مەدەنیی تایبەتن بە قەرەداخ. دوای چەندین کۆبونەوە، بڕیاری ئەوە درا ڕێکخراوێك بە ناوی ڕێکخراوی گەشەپێدان و روناکبیریی قەرەداخ پێك بهێنرێت. یەکێك لە بەرنامەو ئەرکەکانی ڕێکخراوەکە، دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بوو بە ڕێکخراو. لە کۆبونەوەیەکی دەستەی باڵای

ڕێكخراودا، ئەركی دەركردنی گۆڤارەكە بەرەو ڕوی چەند ئەندامێكی دەستەی باڵا كرایەوە. ئەندامان بەپێی نەخشە ڕێگا بۆ ئامادەكاری و دەركردنی گۆڤارەكە، دوای چەند كۆبونەوەیەك لە سەرەتای مانگی كانونی یەكەمی ٢٠١٥وە، توانرا لە ٢٩ی كانونی یەكەمدا لە سكولی ئابوری و كارگێڕیی زانكۆی سلێمانی لەگەڵ ٢٢ نوسەرو ڕۆژنامەنوس و هونەرمەندو ڕوناكبیری قەرەداخی كۆ ببینەوەو بە دوایدا سەردانی هەر یەك لە مامۆستایان بەهادین نوری محەمەد عەلی قەرەداخی و دكتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسول كرا. لەو كۆبونەوەو سەردانانەدا قسە لەسەر ناوی گۆڤارەكە، ستافی نوسین، ناوەڕۆك، قەبارە، ژمارەی لاپەڕەكان، چۆنێتیی دەركردنی، بودجە و تیراژی گۆڤارەكە كرا».

دیارترین بەرهەمەكانی: «مامۆستا جەمال تاهیر قارەمانی شۆڕش و زیندان» (٢٠٠٤)، «مامۆستا عەزیز ژیانێكی پاك و شەهیدی دەستێكی ناپاك» (٢٠٠٤)، «ئارام و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی كورد» (٢٠٠٧).

## محەمەد شینە*



پێشمەرگە و كادیری ڕێكخستن و فەرماندەی تیپی تۆپخانە. ناوی تەواوی محەمەد حەسەن شینە عەولا. لەدایكبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی گردەسۆری دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٦٢ لەگوندەكەی خۆی چۆتە بەر خوێندن و هەر لەوێ قۆناغی سەرەتایی تەواو كردووە. بۆ تەواوكردنی خوێندن چۆتە شاری هەولێرو لەوێ خوێندنی ناوەندیو ئامادەیی تەواو كردووە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی یەكێتیی قوتابیانی كوردستانەوە كردو وەك ئەندامێكی چالاك كاری تێدا كرد.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێكردنەوەی شەڕ لە نێوان كوردو حكومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە كردو لە تۆپخانەی شۆڕشدا ئەركەكانی پێشمەرگایەتیی هەڵسوڕاند. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەولێرو بە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆستەو گەیاندنی هەولێر دامەزرا. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كرد.

لە سۆنگەی چاودێریو فشاری دەزگا ئەمنییەكانەوە ڕاژەی بۆ كۆیە گواستەوە بەڵام بەهۆی بەردەوامبونی فشارەوە وازی لە فەرمانبەری هێنا. لە ساڵی ١٩٨٠دا لە فەرمانگەی ڕێوبانی هەولێر دامەزرایەوەو كرایە سەرۆكی بەرپرسی چاودێرەكان لە ناوچەی خەلیفان.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە كردو وەك ئەندامی كەرتی ڕێكخستنی هەولێر كاری كرد. ساڵی ١٩٨٣ وازی لە كاروباری ڕێكخستن هێنا و بووە فەرماندەی كەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٨٦ بۆ تیپی ٩٣ی كۆیە گواسترایەوەو لەوێ وەك جێگری فەرماندەی تیپەكە كاری كرد. ساڵی ١٩٨٨ بۆ مەڵبەندی سێ گواسترایەوەو لێپرسراوەتیی تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی پێ سپێردرا. لە ٢٦ی شوباتی ١٩٨٨دا لە شەڕێكی سەختدا لەگەڵ هێزەكانی عیراق لە بالیسان شەهید كرا.

## محەمەد عەبدولقادر حاجی هەڵەدنی



پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ی گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی. خوێندنی سەرەتایی لەگوندەکەی خۆی‌و ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. مێژوی پەیوەندی کردنی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە. هەر ئەو ساڵە چەند وتارێکی لە ڕۆژنامەی «ژیلوان» بڵاوکردەوە کە رۆژنامەیەکە ئەنجومەنی گوندی هەڵەدن دەری کردووە.

ساڵی ١٩٨٤ هێڵێکی جێگیری بۆ هێنانو بردنی نامەی نێوان کۆمەڵەی رەنجدەرانو رێکخستنە نهێنییەکانی ناو سلێمانیی دەستەبەر کرد کە ئەمەش گۆڕانێکی باشی بەسەر ئاستی هەماهەنگیدا هێنا. ساڵی ١٩٨٥ بووە پێشمەرگە لە تیپی پارێزگاریی بارەگای سکرتێری گشتی لەگوندی یاخسەمەر. سەرەڕای سەرقاڵبونی بەئەرکەکانی وەك پێشمەرگەو وەك ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەران، پەراوێزێکی لە ژیانیدا بۆ ئارەزوی هونەری هێشتەوەو لەم سەروبەندەدا لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بەشدار بوو لە دامەزراندنی تیپی شانۆی هەڵەدن کە یەک شانۆگەریی لەدۆڵی جافەتی پێشکەش کردووە.


لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکاندا کردووە وەك ئۆپەراسیۆنەکانی دابان ـ هەلاج (١٩٨٥)و قەیوان ـ ماوەت (١٩٨٦)و داستانی رزگاری (١٩٨٧)و لەم سەروبەندەدا یەکێ لەو پێشمەرگانە بووە کە ئەرکی هێنانی چەك و تفاقی جەنگیو پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگەی لە ئێرانەوە پێ سپێردراوە.

لە شاڵاوی ئەنفالی یەکەمی دۆڵی جافەتیدا لە ساڵی ١٩٨٨، بەسەختی بەچەکی کیمیایی بریندار بوو و بەم هۆیەوە گەیەنرایە نەخۆشخانەی تەورێز لە ئێرانو بۆ ماوەی ٢٥ رۆژ لە ژێر چاودێریی پزیشکیدا مایەوە.

لە مانگی حوزەیراندا لەگەڵ هێزەکەی غەریب هەڵەدنیی برایدا چووە سنوری مەڵبەندی سێو لە سەری جوانەگاو گەروی مەنجەڵو چیای پێبۆ بەشداری لە بەرپەرچدانەوەی سوپای عیراقدا کرد.

ساڵی ١٩٩١ لە ڕەتڵی سورداشدا، وەك پێشمەرگەی پارتیزان، بەشدار بوو لە هێشتنەوەی تینو تاوی خەباتی چەکدار بە کڵپە سەندویی. ساڵی ١٩٩١ وەك فەرماندەی کەرت لە بەتالیۆنی ١٥ی چەمی رەزان بەشداریی لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوکدا کردو لە ساڵی ١٩٩٣دا لە سوپای یەکگرتوی کوردستاندا بووە ئەفسەری لیوای ٢٢ی دوکان. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٥ ـ ٢٠٠٠دا وەك ئەفسەر لە فەرمانگەی ئاسایشی دوکان کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠١ بە پلەی ئەندامی مەڵبەند لە مەکتەبی رێکخستن دەستبەکار بوو. لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە ئەندامی ئەنجومەنی مەکتەبی رێکخستن. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

## محەمەد عەجەم*




پێشمەرگەی ناوشار و کادیری رێکخستن و فەرماندەی مەفرەزە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٦ی شاری رانیە. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر کوردستانی رۆژهەڵات. لە سەرەتای شەستەکانەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و بوو بە

پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٥ چەند مانگێك پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

لە ١١ی ئایاری ساڵی ١٩٧٧ فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو، خۆی بەدەستەوە نەدا و لە ١٣ی ئایاردا خۆی گەیاندە مەفرەزەکانی دەشتی هەولێرو بوو بە پێشمەرگە. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشێکی زۆری ئەرکەکانی ڕێکخستنی ناو شاری هەولێری رادەپەڕاندو زۆر جار بە نهێنی دەچووە ناو شارو چەند رۆژێك دەمایەوەو پاش تەواو کردنی ئەرکەکانی دەگەڕایەوە.

ئێوارەی ٩ی ئایاری ساڵی ١٩٧٨ لە کاتێکدا لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی خالید سابیر دەیانویست لە هەولێرەوە بگەڕێنەوە، لە نزیك گۆڕستانی سەید مەعروف کەوتنە بۆسەوەو شەهید کران.

## محەمەد عیززەددین



کادیری پێشکەوتوو. ناسراو بە محەمەدی شێخ عیززەددین. لەدایکبوی ساڵی ١950ی گوندی کانی چناری سەر بە قەزای چەمچەماڵ. لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەرو نیشتمانپەروەرە. لە خوێندنگەی ئاینیی گوندەکە سەرەتاکانی خوێندنی ئاینیی خوێندووەو دواتر لە چەمچەماڵ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە، لە کەرکوك خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی تەواو کردووەو لەقۆناغێکی تردا ئامادەیی ئاینیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو دواتر بۆتە پێشمەرگەو کادیر لە سنوری گەرمیان، چەمچەماڵ، شوان، سەنگاو و قەڵاسێوکە. ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لە هێزی قەرەداغ پێشمەرگایەتیی کردووە. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لە ئۆردوگای ئاوارەکانی سەراب لە نزیك شاری کرماشان مایەوە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ هەندێ لەو سەرکردانە دروست کرد کە دواتر بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان دامەزراند لەوانە رەسول مامەندو عەلی عەسکەری، لە مەهاباد چاوی پێ کەوتن و لەگەڵیاندا لەسەر گەڕانەوە بۆ کوردستان و دەستپێکردنی جموجوڵی سیاسی ڕێك کەوت.

پاش دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، یەکێ لەو کادیرانە بوو کە لقی کەرکوکی بزوتنەوەی سۆسیالیستیان دامەزراند. ساڵی ١٩٧٩ لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی لقی کەرکوکی گرتە ئەستۆ و بووە ئەندامی دەزگای ڕێکخستنی ناوخۆی حزبی سۆسیالیست. لە هێرشی سەختی ساڵی ١٩٨٩ی دەزگا ئەمنییەکاندا بۆ سەر ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیست، توانی خۆی رزگار بکاو تا ساڵی ١٩٩١ بە پەنهانی لە شارەکاندا مایەوە. لە ساڵی ١٩٩١دا بەشدارییەکی دیاری لە ڕاپەڕیندا کردو هەر ئەو ساڵە بە سەرپەرشتی و هاوکاریی محەمەد شاکەلیی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیست لقی کەرکوکی حزبی ڕێك خستەوەو ماوەیەك لە چەمچەماڵ سەرپەرشتیی هێزی پێشمەرگەی حزبی کرد. ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیستدا کرد لە ڕانیە. ساڵی دواتر پشتگیریی پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی سۆسیالیست و چوونە ناو یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستانی کرد. پاش سەرکەوتنی پرۆژەکە، کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك لە سنوری گەرمیان و چەمچەماڵ.

ساڵی ١٩٩٥ کرایە قایمقامی چەمچەماڵ. ساڵی ١٩٩٧ وەك ئەندامی مەکتەب لە دەزگای شەهیدان کاری کردو ساڵی ٢٠٠٠ بووە راوێژکار لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان. ساڵی ٢٠٠٣ خانەنشین کرا.

## محەمەد غەریب عەبدوڵڵا



پێشمەرگە و فەرماندەی تیپ. ناسراو بە ئازادی سەگرمە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی سلێمانی. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی و پەیمانگای پزیشکیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ پاش دەست پێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و رژێمی بەعسدا، لە بەتالیۆنی ٤ی هێزی خەبات بوو بە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٦ پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد، پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کرد و خۆیشی لە سەگرمە رابەرایەتیی مەفرەزەیەکی سەرەتایی کرد. یەکەم چالاکیی مەفرەزەکەی، لێدانی سەنگەرێکی سەربازی بوو لە سنوری چالاکیی مەفرەزەکەیدا.

ساڵی ١٩٧٨ بووە فەرماندەی کەرتی ١ی هەرێمی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی لە ناوزەنگ و بەشداریی لە شەڕی ٩ ڕۆژەی شێنێدا کرد.

ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ ١٠ کادیردا نێردران بۆ سوریاو لەوێوە چوون بۆ لوبنان بە مەبەستی مەشقی سەربازی لەلای بەرەی دیموکراتیی رزگاریی فەلەستین بە سەرکردایەتیی نایف حەواتمە. بەشداربوانی ئەم خولە، دوای ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ کوردستان، چەندین خولیان بۆ هێزی پێشمەرگە کردەوەو ئەو خولانە بوونە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ئۆپەراسیۆنی پێشمەرگایەتی.


لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٢دا بەشدار بوو لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی هێزی پاسدارانی ئێران لە ئاڵوەتان و کونەمشك. لەو کاتەدا پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و یەکێتی زۆر خراپ بوون. هەمان ساڵ لە تیپی تازە پێکهێنراوی ٢٣ی سورداشدا بووە فەرماندەی تیپ. ساڵی ١٩٨٣ کرایە فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە. ساڵی ١٩٨٦ بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك و بەپێی نەخشەی دانراو، لەگوندی کەواڵەوە دامەزراوە نەوتییەکانی جەوەڵبۆری موشەکباران کرد.

لە دوای ئەنفالەکان، بووە لێپرسراوی پارتیزانەکانی سنوری گەرمیان و قەرەداغ و سەگرمە. لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ لە ناوچەی گەرمیان لە شەڕێکدا کە بە شەڕی چەمی لاهێز ناسراوە بە سەختی بریندار بوو، بەڵام پاش ئەوەی کە گەیەنرایە ناو سلێمانی و رادەستی ڕێکخستنەکانی سلێمانی کرا، لە چالاکییەکی بوێرانەی ڕێکخستندا گەیەنرایە بەغدا و لە یەکێك لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان نەشتەرگەریی بۆ کرا و بۆ ماوەی سێ مانگ لە بەغداو شارۆچکەی کەنعان مایەوە. لە شوباتی ساڵی ١٩٨٩ هێنرایەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە گەیەنرایە قەڵادزێ و لەوێوە چوو بۆ ناوچەی سەرکردایەتی و

پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردەوە.

ساڵی ١٩٩٠ چوو بۆ بریتانیاو ساڵی ٢٠٠٦ گەڕایەوە بۆ کوردستان. خاوەنی چەند مەدالیایەکی ڕێزلێنانە وەك مەدالیای پێشمەرگە سەرەتاییەکان و مەدالیای پارتیزانەکان.


## محەمەد غەفور ئاغجەلەری*



فەرماندە و ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. ناوی تەواوی محەمەد غەفور ئەحمەد، ناسراو بە حەمە غەفور ئاغجەلەری. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٩ی شارۆچکەی ئاغجەلەری ناوچەی قەڵاسێوکەی پارێزگای کەرکوك و بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر هۆزی کەلهوڕ. هەر لەوێ چۆتە بەر خوێندن و تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندووە.

ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو بۆ ساڵی دواتر بەشدار بوو لە یاخیبوونی چەکدارانەی خێڵەکان لە مانگی ئەیلولی ١٩٦١دا. پاش ئەوەی یاخیبونە خێڵەکییەکە بووە شۆڕشێکی نەتەوەیی، بوو بە پێشمەرگە لە لقی ٢ و پاش ماوەیەك بووە سەردەستە، پاشان سەریەل و سەرلق. لە کاتی لەتبونی ساڵی ١٩٦٤ی پارتیدا، لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی بوو.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵ لە ساڵی ١٩٧١، کرا بە فەرماندەی بەتالیۆن و لە ساڵی ١٩٧٢دا گوێزرایەوە بۆ هێزی رزگاری. ساڵی ١٩٧٤، کاتێك شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق دەستی




پێ کردەوە، وەك فەرماندەیەکی دیاری پێشمەرگە دەرکەوت، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە توانی ڕێگای نێوان کەرکوك و سلێمانی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ببڕێ و لەم سەروبەندەدا شەڕێکی قورسی لە دەربەندی بازیاندا کرد کە تێیدا فڕۆکەیەکی جەنگیی هێزی ئاسمانیی عیراق لە نزیك گوندی کەڵەشێرە کەوتە خوارەوە.

ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، چووە ئێران و ماوەیەك لەوێ مایەوە. پاشان گەڕایەوە بۆ عیراق. دواتر پەیوەندیی بە بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کردو پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد. لەم سەروبەندەدا بەشداریی لە پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا کردو لە سنوری کەرکوك و چەمچەماڵ و بەری کۆیەو چەمی ڕێزان و قەڵاسێوکە جموجوڵی پێشمەرگانەی دەست

پێکرد. لە سۆنگەی کاریگەری و رۆڵی دیاری لە پێشمەرگایەتیدا، حکومەتی عیراق ژن و منداڵ و دایك و باوکیان گرت و بۆ شاری ناسریە دووریان خستنەوە.

لە ٢٣ی تەموزی ساڵی ١٩٧٧ لەسەر دەستی مەفرەزەیەکی سەر بە سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان تیرۆرکرا. ئەو مەفرەزەیە لە ئێرانەوە بە چەك و تفاقی تەواوەوە گەڕابۆوە بۆ کوردستان و ماوەی چەند مانگێك بەناوچەکانی دەشتی کۆیەو شوان و شێخ بزەینی و چەمی رێزاندا گەڕابوو بەبێ ئەوەی هیچ چالاکییەك لە دژی سوپای عیراق ئەنجام بدا. چەکدارەکانی ئەو مەفرەزەیە لە شیوی زیان لەگوندی کانیبیی ناوچەی چەمی رێزان، مەفرەزەکەی ئاغجەلەرییان غافڵگیر کردو دایانە بەر دەستڕێژی گوللە، لە ئاکامدا محەمەد غەفور ئاغجەلەری و هەشت پێشمەرگەی هاوڕێی شەهید کران. پێشمەرگە شەهیدەکان: ئەنوەر کەریم، عەبدوڵڵا تۆفیق، حامید مەلا ئەحمەد، رەزا عومەر، سەعید عومەر، کەریم مەلا ئەحمەد، حەمید عەزیز، رەمەزان سەعیدو ئەحمەد محەمەد کە خەڵکی چەمچەماڵ و گۆپتەپەو عەلیبەیان و چیا سەوز بوون. ئەو مەفرەزەیەی تاوانی تیرۆرکردنی ئاغجەلەری و هاوڕێکانی ئەنجامدا، خۆی رادەستی رژێمی عیراق کرد، تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو لەسەر جاشایەتی .

پاش ئەنجامدانی کارەکە، هەر ئەو رۆژە هەلیکۆپتەرێك لە نزیك شوێنی تاوانەکە دابەزی و تەرمەکانی بۆ کەرکوك گواستەوە. پاشان هێنرانەوە بۆ ئاغجەلەر. مانگ و نیوێك پاش تیرۆرکردنی ئاغجەلەری، خێزانەکەی و منداڵەکانی و دایك و باوکی ئازاد کران و رێیان پێ درا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

ساڵی ٢٠١٩ ژمارەیەك لەو وتار و راپۆرت و دیدار و ریپۆرتاژانەی کە لە یادی شەهیدبونی ئاغجەلەریدا لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٦ — ٢٠١٩ بڵاوکراونەتەوە، لە دوتوێی کتێبێکی ١٩٠ لاپەرەییدا کۆکرانەوە و لە ژێر ناونیشانی « ئاوی ئاشی شۆڕش: شەهیدی سەرکردە حەمە غەفور ئاغجەلەری» سەر لە نوێ بڵاوکرانەوە. ستران عەبدوڵڵا پێشەکیی بۆ کتێبەکە نوسیوە و تێیدا وتویەتی « کتێبێك لەسەر شەهیدی سەرکردە حەمە غەفور ئاغجەلەری دەتوانێت بەشێکی ئەدگاری ئەو تێکۆشەرەی شۆڕشی نوێمان بۆ وێنا بکات کە لە وێستگەیەکی هەستیاری دەستپێکردنەوەی خەباتدا گیانی خۆی بە رزگاریی کوردستان بەخشی».

## محەمەد فاتیح



کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی محەمەد فاتیح عەبدولڕەحمان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٦ی شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە، پاشان چۆتە خانەی مامۆستایانی کەرکوك و ساڵی ١٩٦٧ تەواوی کردووە. ساڵی دواتر لە گوندی تەکیەی کاکەمەند بە مامۆستا دامەزراوە.

سەرەتای ژیانی سیاسیی بۆ ساڵی ١٩٦٥ دەگەڕێتەوە، کاتێك لە کەرکوك پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، پێشتریش ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندییە رێکخراوەییەکەی بە پارتییەوە ئاشکرا بوو و لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوکەوە دەستگیر کرا، بەڵام پاش لێك نزیکبونەوەی

پارتی و حکومەتی عیراق دوا بە دوای بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٦٩ کەرکوکی بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. هەر لەو ساڵەدا بەشداریی لە خولێکی کادیراندا کرد لە چۆمان و لەوێ پلەی دووەمی خولەکەی بەدەست هێنا. دوا بە دوای ئەمە، وەك ئەندامی لیژنە لە سەنگاو لە لقی ٣ی پارتی کاری کرد.

ساڵی ١٩٧٠ کرایە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی کەرکوك و لە تەموزی ئەو ساڵەدا بەشداریی لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتیدا کرد لە ناوپردان. لە کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا لە ساڵی ١٩٧٤، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی سیروان بوو لە کەلار. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەك لە ئێران مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ کەرکوك و چۆوە سەر پیشەی مامۆستایی.

ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی لقی ڕێکخستنەکانی لە کەرکوك پێ سپێردرا. دواتر لەگەڵ هەر یەك لە محەمەد شاکەلی، عەلی ڕەسول و کاردۆ گەلاڵی وەك ئەندامی لیژنەی ناوخۆی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکان کاری کرد.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستەوە کرد، لە گوندی دۆڵەتوو گیرسایەوەو سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی ناوخۆی کرد. ساڵی ١٩٨١ لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٨٥ لە سۆنگەی پەرەسەندنی ململانێی ناوخۆییەوە وازی لە حزبی سۆسیالیست و پێشمەرگایەتی هێناو لە هەولێر گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا گەڕایەوە سەر پیشەی مامۆستایی.

پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، حزب پەیوەندیی




پێوە کردەوەو هەندێ کاری ڕێکخستنی لە کەرکوك و هەولێر پێ سپارد. پاش ڕاپەڕین کرایە کارگێڕ لە لقی کەرکوکی حزبی سۆسیالیست.

ساڵی ١٩٩٣ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکگرتنی حزبی سۆسیالیست و پاسۆك و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستاندا کرد، بەڵام بە هۆی نەسازانی تێڕوانینەکانەوە، لەگەڵ گروپەکەی ڕەسول مامەند کۆنگرەی بەجێ هێشت. هەر ئەو ساڵە لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیست کە لە شاری ڕانیە بەسترا، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و پاش کۆنگرە کرایە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن. لەو ماوەیەدا پشتگیریی پرۆژەی یەکگرتنەوەی حزبی سۆسیالیست و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد. پاش یەکگرتنەوەو تێکەڵبونەوەی هەردوو حزب، کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان.

ساڵی ١٩٩٦ پاش روداوەکانی ٣١ ی ئاب، لە هەولێر لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستگیر کرا و دوای سێ مانگ ئازاد کرا. لەو ماوەیەی کە تێیدا لە هەولێر بووە، سەرپەرشتیی رێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردووە. ساڵی ٢٠٠٤ دوا بە دوای ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و کردنەوەی بارەگای مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر، کرایە کارگێڕی مەڵبەند.

ساڵی ٢٠٠٨ بووە ئەندامی مەکتەبی چاودێری و پشکنین. ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد بەڵام ساڵی ٢٠١٢ گەڕایەوە بۆ ریزەکانی یەکێتی، لە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران پلەی ئەندامی مەکتەبی پێ درا ، هەروەها بە پلەی عەمید خانەنشین کرا. لەو ماوەیەدا چالاکییەکی فراوانی لە بواری رۆشنبیریدا نواند، ژمارەیەکی زۆر کتێبی دەرکرد و بووە ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «کەلتور» کە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران دەری کردووە.

## محەمەد قادر نادر*



کادیری رێکخستن. ناسراو بە رەهێڵ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر. قۆناغی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٣ بە فەرمانبەر لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر دامەزرا.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٥ دەست پێدەکا، کاتێك لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لەو ماوەیەدا وەك هەڵسوڕاوێکی دیاری رێکخستن، رۆڵێکی گەورەی لەگەشەپێدانی رێکخستنەکاندا گێڕا. لە ساڵی ١٩٨٢دا بووە ئەندامی رێکخراوی هەولێرو هەر لەو ساڵەشدا رۆڵێکی کارای لەو هەڵمەتەدا بینی کەرێکخراوی هەولێر بۆ کۆکردنەوەی جلوبەرگی زستانە بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سێ رێکی خستبوو. سەرکەوتنی هەڵمەتەکە رێی بۆ ئەوە خۆش کرد کە بەرنامەیەك بۆ دابین کردنی دەرمانو پێداویستییە پزیشکییەکان بە بەردەوامی بۆ هێزی پێشمەرگە دابنرێت، بەتایبەتی کە ئەو وەك کارمەند لە دەزگایەکی تەندروستی، دەیتوانی برێکی دیاریکراوی دەرمانو پێداویستییە پزیشکییەکان دەستەبەر بکات.

ساڵی ١٩٨٤ بەشداریی لەکۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەدا کرد لە مێرگەپان و لە ساڵی دواتردا لێپرساوەتیی رێکخراوی هەولێری پێ سپێردرا و لەسەر دەستی ئەو رێکخستن لەو ماوەیەدا گەشەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی. ئەم گەشەکردنەی رێکخستنەکان، دەزگا ئەمنییەکانی هان دا زۆر بەچڕی کار لەسەر ئاشکراکردنی رێکخستنەکان بکەن.

لە ئازاری ١٩٨٦دا لە شاڵاوێکی دەزگا ئەمنییەکاندا لە دژی رێکخستنەکانی هەولێر، خۆیو یانزە ئەندامی رێکخستنەکان کە ئەمانەن: نەسرەددین مامە کەریم، موحسین ئیبراهیم حەسەن، سامی مەحمود محەمەد، خدر عەبدولڕەحمان محەمەد، غەفور دەروێش پیرداوود، ئازاد سەعید

مەولود، سەردار محەمەد رەجەب، عیماد شاکر رەشید، جەمیل مەجید سادق، عەبدولسەمەد خدر عەبدوڵڵاو بایز مەحمود لە هەولێر دەستگیر کران.


پاش لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانێکی زۆر کە نزیکەی ساڵێکی خایاند، لە٩ی شوباتی ١٩٨٧ دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندو هاورێکانی بە زیندانی هەمیشەیی حوکم دران. لە٢٩ی کانونی یەکەمی ١٩٨٧ لە بەندیخانەی ئەبوغرێب لەسێدارە درا.

## محەمەد کەریم



پێشمەرگەو نوسەرو رۆژنامەنوس. ناوی تەواوی محەمەد کەریم حەمە سلێمان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٦ی گەڕەکی ئابلاخی شاری سلێمانی. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووەو دواتر لە بەغدا لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی موستەنسریە وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٨٠ لە تەمەنی چواردە ساڵیدا، لە کاتێکدا کە لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووە، لەگوندی زەڵێ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری بووە پێشمەرگە. پاش ماوەیەك گوێزرایەوە بۆ شارباژێڕ بۆ لقی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئیحسان نەجم محێدین ناسراو بە ئەبو شەهاب لێپرسراوی بووە. ژیانی پێشمەرگایەتیی لەو قۆناغەدا تەنها سێ مانگ بووە چونکە بەرپرسەکان




لەبەر بچوکیی تەمەنی پێیان باش بووە بگەڕێتەوە بۆ شارو بەردەوام بێ لەسەر خوێندن. تا ئەو کاتە دەزگا ئەمنییەکان هیچ زانیارییەکیان دەربارەی بونی بە پێشمەرگە نەبوو، بۆیە گەڕانەوەی بۆ شار هیچ کێشەی لێ نەکەوتەوە.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٦ لە کاتێکدا کە خوێندکاری زانکۆ بووە، لە سلێمانی لەگەڵ پۆلێك ئەندامی رێکخستنەکاندا گیرا و دواتر لە دادگای سەورە بە ١٧ ساڵ زیندانی حوکم درا. دوو ساڵی ماوەی زیندانییەکەی لە بەندیخانەی ئەبوغرێب بەسەر برد. ساڵی ١٩٨٨ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

زۆری نەبرد هەر ئەو ساڵە لە قاسمە ڕەش کە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستانی لێ بوو، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەوێوە رەوانەی مەڵبەندی یەك کرا کە بارەگاکەی لە دزلی بوو. لەوێ لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ کرایە رێکخەری کەرت.

لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا لەگەڵ هێزەکانی بەتالیۆنی دوو دابەزیو ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیی جێبەجێ کرد. سەرەتا وەك ئەندامی کەرت لە ئۆردوگای زۆرەملێی باریکە کاری رێکخراوەیی کردو دواتر لە قۆڵی کفری بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی.


لە ماوەی نێوان ١٩٩٢و ١٩٩٧دا بە چالاکیی جۆراوجۆرەوە سەرقاڵ بووە، لە لێپرسراوی دارایی هێزەوە تا کارکردن لە گومرگو بواری رێکخستن و لەشکری سکرتاریەتی گشتیو بواری هەواڵگریی هێزی پێشمەرگەو لەمەی دواییاندا پلەی ئەفسەری پێ بەخشراوە.

ساڵی ١٩٩٧ بەتەواوی خۆی بۆ نوسین و وەرگێڕان تەرخان کرد. هەر ئەو ساڵە وەك هەواڵساز لە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» کاری کردو دواتریش بەرە بەرە لێپرسراوەتیی بەرزتری وەرگرت، لە لێپرسراوی لاپەڕەوە تا ئەندامەتیی دەستەی نوسەران.

لەو ماوەیەدا بە سودمەندبون لە شارەزایی لە زمانی فارسی، چەند بەرهەمێکی ئەدەبیی نوسەرانی ئێرانی، سادق هیدایەت، حوجەت مورتەجا، عەباس مەعروفی، ئیسماعیل کاداریو محەمەد قاسمزادە و چەند بەرهەمێکی نوسەرانی گەورەی جیهانی لەوانە خوان رۆڵفۆ، گابریل گارسیا مارکیز، ئەلڤین تۆفلەرو هایدی تۆفلەر لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو کتێبخانەی کوردیی بەم بەرهەمانە دەوڵەمەند کردووە.

ساڵی ٢٠٢٠ لێپرسراوەتیی سەرنوسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێی پێ سپێردرا.

## محەمەد مەحمود محەمەد باخ*



فەرماندەی تیپ و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. ناسراو بە شێخ شەماڵی باخ. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی باخی سەر بە ناحیەی سەرچنار لە پارێزگای سلێمانی.

لە بنەماڵەیەکی دینداری کوردپەروەرە. خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی گوندی چەقژ تەواو کردووە. لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و بە هۆی لێهاتوییو ئازایەتییەوە لە هێزی پێشمەرگەدا کراوەتەوە سەرپەل. ساڵی ١٩٧٢، دوو ساڵ پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، پەیوەندیی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردو خرایە ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی رێکخستنەوە. لەم ماوەیەدا پەرەی بەرۆشنبیریی سیاسیی خۆی دا و لە جیهانبینیدا پشت ئەستور بوو بە پاشخانێکی ئایدیۆلۆژیی پێشکەوتنخوازانە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ کۆتایی هاتنی ماوەی ئاگربڕە چوار ساڵییەکەی نێوان شۆڕشی کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و ژیانی پێشمەرگایەتیی وەك سەرپەل لە بەتالیۆنێکی هێزی رزگاری دەستپێکرد. ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ سلێمانیو پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردەوە. لەو ماوەیەدا پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد و بەکردەوە، لە ئەیلولی ١٩٧٦دا پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کرد و بەشدار


بوو لە پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و بە شێوەیەکی تایبەت زۆرتر لە ناوچەی قەرەداغدا هەڵسوڕانی پێشمەرگانەی نواند.

ساڵی ١٩٧٩ نێردرایە سوریا و لەوێ ئەرکی راپەڕاندنی کاروباری ئۆفیسی دیمەشقی یەکێتیی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٨١دا گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە فەرماندەی قوەتی حاجی قەڵا لە دەشتی کۆیە و چیای کۆسرەت. ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێم و قوەتەکانو کارکردن بەسیستمی تیپەکان و پێکهێنانی تیپی ٩٣ی کۆسرەت، کرایە فەرماندەی تیپەکە. هەر ئەو ساڵە بەشدارییەکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوانی کوردستانی ئێراندا کرد. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە هەردوو کۆنفرەنسی یەکەم و دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٣دا لە سەروبەندی شەڕی ناوخۆدا لە بۆسەیەکدا کە هێزەکانی بەرەی جود لە گوندی باداوانی چناران لە نزیك خەلەکان دایاننابوو، خۆیو سەرباز ئەحمەدی جێگری فەرماندەی تیپەکە و سێ پێشمەرگەی تر شەهید کران.

لە دوای شەهیدبونی، شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس شیعرێکی بە ناوی «شەماڵ» لەسەر نوسی.

## محەمەد نوری تۆفیق



چیرۆکنوس و رۆژنامەنوس. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٤ی شاری چەمچەماڵ. لەتافی لاوێتیدا بەگۆڤاری «گەلاوێژ» سەرسام بوو. ئەم گۆڤارە فاکتەرێکی گرنگی هاندانی بوو بۆ چوونە ناو جیهانی رۆشنبیری و نوسین. ساڵی ١٩٥١ لە خانەی مامۆستایان وەرگیراو ساڵی ١٩٥٤ خوێندنی تەواو کردو لێرە بەدواوە ژیانی پیشەیی لە بواری پەروەردەدا وەك مامۆستاو بەڕێوەبەری خوێندنگە دەست پێکرد.

لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٥٧ چەند بابەتێکی وەرگێڕدراوی لەگۆڤاری «هیوا» بڵاو کردەوەو لە هەمان کاتدا ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «ئامانج» بوو کە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە شێوەیەکی نهێنی لە سلێمانی دەری دەکرد.

لە ساڵانی شەستەکاندا لەگۆڤارەکانی «هیوا» و «رۆژی نوێ» و «نەورۆز» دەستی بەبڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی کرد. ساڵی ١٩٦١، لەگەڵ گرژبونی هەلومەرجی سیاسی لە کوردستاندا، دەستگیر کرا و بە سێ ساڵ زیندانی حوکم درا. ساڵی ١٩٦٤ ئازاد کرا و وەك مامۆستا بۆ سلێمانی گوێزرایەوە.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٩- ١٩٧٠ ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «رزگاری» بوو کە گۆڤارێکی سیاسیی چەپ بوو، لە سلێمانی دەردەچوو. ساڵی ١٩٧٠، پاش دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کورد، بووە ئەندام لەو یەکێتییەو لە ماوەی نێوان ١٩٧٢- ١٩٧٤ بووە سکرتێری نوسینی گۆڤاری «دەنگی مامۆستا» کە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەری دەکرد.

ساڵی ١٩٧٤، پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە پێنجوێن بوو بە مامۆستا. پاش زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکانی کوردی عیراق لە ئێران، لەمەریوان گیرسایەوەو لە خوێندنگەی ئاوارەکان وانەی وتەوە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥،

گەڕایەوە بۆ سلێمانی و زۆری نەبرد بۆ دیوانیەو پاشان بۆ عیمارە دور خرایەوە. پاش پێنج ساڵ ئاوارەیی، ساڵی ١٩٨٠ حکومەتی عیراق ڕێی پێ دا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراندو کوڕێکیشی بوو بە پێشمەرگە. بەهۆی هەڵوێستی کوردپەروەرانەو بەهۆی ئەوەی کە کوڕێکی پێشمەرگە بوو، دەزگا ئەمنییەکان زۆر جار تەنگیان پێ هەڵدەچنی. ساڵی ١٩٨٥ دوا بەدوای زیادبوونی فشاری دەزگا ئەمنییەکان لەسەری، وازی لە پیشەی مامۆستایی هێنا و خۆی خانەنشین کرد. بەڵام پاش خانەنشین بوونیشی، دەزگا ئەمنییەکان وازیان لێ نەهێنا. کاتێك خۆی و مستەفا ساڵح کەریمی هاوڕێی ویستیان دوکانی پەڕاوگەو فۆتۆکۆپی لە سلێمانی دابنێن، دەزگا ئەمنییەکان مۆڵەتیان پێ نەدان. هەر ئەو ساڵە، دوای ئەوەی کە هەستی کرد مەترسیی گرتنی لەسەرە، بۆ چەند هەفتەیەك لەماڵی ناسیاوێکی لە شاری هەولێر خۆی لەبەر چاوان ون کرد.

ساڵی ١٩٨٦ یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بە ناونیشانی «ناڵەی درەخت» لە بەغدا بەچاپ گەیاندو تێیدا ١٢ چیرۆکی بڵاوکردەوە کە لە ماوەی نێوان ١٩٦٥- ١٩٨٣ نوسیبونی. ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ چەند نوسەرێکی دیکەدا بەشدار بوو لە پرۆژەی کۆکردنەوەی شیعرەکانی پیرەمێرد. هەر لەو ساڵەدا بەرگی یەکەمی دیوانەکەی پیرەمێرد لە بەغدا دەرچوو، بەڵام دەرچوونی دوو بەرگەکەی تر کەوتە ساڵانی ١٩٩٤و ١٩٩٦.

ساڵی ١٩٩٢ لە ئۆفیسی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» کاری کردو ماوەیەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەکە بوو، ماوەیەکیش ڕاوێژکار بوو لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ٢٠٠١ ئەرکی سەرنوسەری گۆڤاری مانگانەی «سلێمانی»ی گرتە ئەستۆ کە گۆڤارێکە شارەوانیی سلێمانی دەری کردووەو توانی بیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە وەك ئەرشیفی شاری سلێمانی هەڵبسەنگێنرێ. ساڵی ٢٠٠٧ بووە سکرتێری لقی سلێمانیی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان.

لە ٨ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١١ پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کرد.

دیارترین بەرهەمەکانی: «ناڵەی درەخت» (١٩٨٥)، «پیاونامە» (٢٠٠٤).

## محەمەد وەسمان



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی محەمەد وەسمان حسێن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی گوندی شێنێی ناوچەی پشدەر. لە بنەماڵەیەکی شەهید پەروەرە. لەخوێندندا دەرچوی پۆلی شەشەمی سەرەتاییە.

تا ساڵی ١٩٦٣ لەگوندی شێنێ ژیاوە. لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بووە بە پێشمەرگەو لە سنوری هێزی کاوە لە ناوچەی پشدەر بەشداریی کاریگەری لە چەندین شەڕو چالاکیدا کردووە لەوانە شەڕەکانی کێوەڕەشو ئاسۆسو سپیرۆ. لە دەرەوەی ناوچەی پشدەریش بەشدار بووە لە شەڕی چیای سەفین و لە سۆنگەی دلاوەرییەوە خەڵاتی ئازایەتیی لە لایەن فازل سۆرانیی فەرماندەی هێزی سەفینەوە پێ بەخشراوە، سەرباری بەشداریی کاریگەری لە

شەڕەکانی کەپکی حەمەد ئاغاو بەنی هەریرو چیای زەرتك.

لە ماوەی چوار ساڵی ئاشتیی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤ی نێوان کوردو حکومەتی عیراقداو لە سەروبەندی پێکهێنانی هێزەکانی پاسەوانی سنور، بە پلەی نایب عەریف کرایە پاسەوانی سنور. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بووە بەرپرسی ئیسنادی بەتالیۆنی پشدەر. پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ دوا بەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان عیراقو ئێران، گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆیو لەوێ گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خەباتی چەکداردا، پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە کرد، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردەوەو هێزێکی چەکداری لە سنوری ناوچەی پشدەر پێکهێنا. یەکەم شەڕ کە بەشداریی کارای تێدا کردووە، شەڕە پێنج سەعاتییەکەی ١٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ی ناوچەی مەنگوڕایەتییە، کاتێك هێزێکی گەورەی سوپای عیراق هێرشی هێنایە سەر دێهاتەکانی ناوچەی مەنگوڕایەتی بە مەبەستی گرتن و ڕاگواستنی جوتیارانو لەم سەروبەندەدا پێشمەرگەکان لەگوندی شیوەڕەزو سونێ هێرشەکەیان شکاندو تا سەربازگەی سەید ئەحمەدان ڕاویان نا.

ساڵی ١٩٧٧ پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ کوردستانو ڕێکخستنی کاروباری هێزی پێشمەرگەو پێکهێنانی هەرێمەکان، کرایە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی ٦ی پشدەر کە فەرماندەکەی تاڵیب ڕۆستەم بوو. لەم قۆناغەدا گوندی شێنێ بایەخێکی ستراتیجیی بۆ شۆڕش هەبوو چونکە گوندەکە بە سەنگەری پێشەوەی ناوچەی سەرکردایەتی دەژمێردرا و هەر ئەمەشە کە وای لەهێزەکانی عیراق کردووە لە ماوەی نێوان ١٩٧٨ ـ ١٩٨٠ چەند هێرشێك بکەنە سەر ئەم گوندە، مەترسیدارترینیان هێرشەکەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ بوو کە تێیدا ئاستێکی دیاریکراوی هەماهەنگی بۆ گرتنی چیای مامەندەو گوندی شێنێو دواتر هەموو ناوچەی سەرکردایەتی، لە نێوان عیراقو ڕژێمی شای ئێراندا هاتە دی. لەبەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشەدا وەتمانو پێشمەرگەکانی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو.

ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپەکان، کرایە فەرماندەی تیپی ٦١ی کۆڕەش. هەر ئەو ساڵە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران، لە بەرەکانی ئاڵوەتانو میراوا ئەرکەکانی سەر شانی بە ڕێکوپێکی بەجێ هێنا.

تا ساڵی ١٩٨٢ بەو پێیەی کە نە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و نە ئەندامی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بووە، بە ئەندامی هێڵی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەژمێردرا، بەڵام پاش یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیست و ڕاگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ئەیلولی ١٩٨٢، بووە ئەندامی یەکێتیی شۆڕشگێڕان. لە ئابی ١٩٨٣ دا بەشدار بوو لەکۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە لە گوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی بەسترا.

تا ساڵی ١٩٨٨ فەرماندەی تیپی ٦١ی کۆڕەش بوو. لەو ساڵەدا بەهەمان پلەی خۆی بۆ تیپی ٧٩ی سادر گوێزرایەوەو هەندێ ئەرکی لە سنوری چیای سادرو دۆڵەکۆگە پێ سپێردرا.

لە نەخشەی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١دا کرایە

جێگری لێپرسراوی قوڵی بیتوێن کە شێردڵ حەویزی بەرپرسی بوو و لە چوارچێوەی نەخشەی راپەڕیندا هەموو ئەو ئەرکانەی جێبەجێ کرد کە پێی سپێردرا بون. دوای راپەرین کرایە فەرماندەی هێزی ٩ی پشدەر.

پاش دامەزراندنی مەڵبەندی ٨ی رێکخستنی راپەڕین لە ساڵی ١٩٩٤ کە لێپرسراوەکەی مستەفا چاوڕەش بوو، کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند بۆ کاروباری عەسکەری‌و هەر ئەو ساڵە بووە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە کاتی شەڕی ناوخۆدا بەرپەرسی قوڵی پشدەر بوو و لەم سەروبەندەدا بەشدار بوو لە هەموو شەڕەکانی سنورەکە.

ساڵی ٢٠٠٦ لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی رێکخستندا، بە لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٤ی رێکخستنی پشدەر هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ئەندامی بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش کۆنگرەو دوای دەستپێکردنی پرۆسەی کەم کردنەوەی ژمارەی مەڵبەندەکان بەپێی بڕیاری کۆنگرە، مەڵبەندی ٢٤ی رێکخستنی پشدەرو مەڵبەندی ٨ی راپەڕین کران بەیەك مەڵبەندو سێ کۆمیتەی مەڵبەندی دوکانیشیان خرایە پاڵ‌و لە هەر هەموو مەڵبەندی ٢٤ی رێکخستنی راپەرین پێك هات و وەتمان کرایە لێپرسراوی.

ساڵی ٢٠١٢ بۆ بارەگای مەکتەبی رێکخستن لە قەڵاچوالان گوێزرایەوەو کرایە ئەندامی ئەو مەکتەبە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* کۆڕەش (تیپ).
* هێزی پشتیوان (ئۆپەراسیۆن).
* شێنێ (شەڕ).

## مستەفا برایم دەروێش




کادیری دێرینی رێکخستن. ناسراو بە شاسوار. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی قەڵادزێ. خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە قەڵادزێ تەواو کردووە و پەیمانگەی تەندروستی لە سلێمانی. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. پاش پێکهێنانی پۆلەکان لە ساڵی ١٩٨١، کرایە لێپرسراوی پۆلی رێکخستنی قەڵادزێ. لە ساڵانی هەشتاکاندا رۆڵێکی گرنگی لە رێکخستنی پەیوەندیی نێوان رێکخستنی شارەکان و سەرکردایەتیدا گێڕا.

لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ی قەڵادزێدا رۆڵێکی کاریگەری بینی. ساڵی ١٩٩٠ پاش ئاشکرابوونی بەشێکی رێکخستنە نهێنییەکانی رێکخراوی سلێمانی، ناوی لە لێکۆڵینەوەکاندا هات و لەم سۆنگەیەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لەسەر هەڵسوڕانی لە هەولێرو نەکەوتە بەر دەستی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس.

هەر لەو ساڵەدا پاش گیرانی مستەفا سەید قادر، سەرپەرشتیاری رێکخستنەکانی یەکێتی لە رانیە و هەولێرو بادینان، بووە ئەندامی لیژنەی کاری راپەڕین کە لیژنەیەکە لەو سەردەمەدا ئەرکی بەڕێوەبردنی رێکخستنەکان و پێکهێنانی شانە چەکدارەکانی بروسکی گرتۆتە ئەستۆ.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لە هەولێر رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. دوای راپەڕین کرایە کارگێڕی




مەڵبەندی ٦ی سۆران لە شەقڵاوە. ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ هەر یەك لە فەرید ئەسەسەرد و مەحمود رەزا سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی دامەزراند. تا ژمارە ١٩ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کە لە ئابی ١٩٩٧دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە بوو. لێکۆڵینەوەکانی کە لەو گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە، لە دوتوێی کتێبێکدا کۆکراونەتەوە و ساڵی ٢٠١١ ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران چاپی کردووە.

لە ماوەی نێوان ١٩٩٢- ١٩٩٧ لە دەزگای زانیاریدا کاری کردو لە ساڵی ١٩٩٧ لە ئەمریکا نیشتەجێ بوو. لەوێ نەخۆش کەوت و نەشتەرگەریی بۆ کرا. ساڵی ٢٠٠٢ ئەمریکای بەجێ هێشت و لە ئەڵمانیا گیرسایەوە. ساڵی ٢٠٠٣ کرا بەنوێنەری یەکێتی لەئەڵمانیا. ساڵی ٢٠٠٥ بووە لێپرسراوی ئۆفیسی لقی ئەوروپای سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان و هەر ئەو ساڵە سەرپەرشتیی گۆڤاری «تێگەیشتنی راستی»ی کرد کە گۆڤاری لقی ئەوروپای سەنتەر بوو و ئەو تێیدا سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بوو. لە ساڵی ٢٠٠٦دا نەخۆشییەکەی سەری هەڵدایەوە. لە ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧دا لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد. دواتر تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کوردستان و لە هەولێر نێژرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.
* گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی.
* لیژنەی کاری راپەڕین.

## مستەفا چاڵاوی



کادیری پێشکەوتوی رێکخستن و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی مستەفا محەمەد عەبدوڵلا ئەحمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی چاڵاوی ناوچەی چەمچەماڵ. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە گوندی چاڵاو تەواو کردووە، ناوەندی لە چەمچەماڵ و ئامادەیی لە کەرکوك.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٥ دەست پێ کردووە، کاتێك لە کانونی دووەمی ئەو ساڵەدا لە کەرکوك پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە. لەو قۆناغەدا وەك کادیرێکی کارای رێکخستن لە سنوری ناوچەی شوان

هەڵسوڕاوە و هەروەها لە گەڕەکەکانی شۆڕیجەو ئیمام قاسمیش لە ناو کەرکوك ئەرکی ڕێکخراوەیی جێبەجێ کردووە. ساڵی ١٩٨٠ کاتێك دەزگا ئەمنییەکانی بەعس شاڵاوی گرتن و راوەدونانی ئەندامانی کۆمیتەی ئاگریان لە کەرکوك دەست پێ کردو ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمیتەکەیان دەستگیر کرد، خۆی لە شاڵاوەکە دەرباز کردو بەردەوام بوو لەسەر کاری ڕێکخراوەیی لە کۆمیتەی ئاگرو لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا لێپرساوەتیی بەڕێوەبردنی کەرتێکی ڕێکخستنی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری هەرێمی ٢ی کەرکوك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. لە سۆنگەی ئەزمونی دەوڵەمەندی لە کاری ڕێکخراوەییدا، کرایە کادیری ڕێکخستنی جەماوەر لە ناوچەکەدا. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە یەکەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کرد. پاش کۆنفرەنس و دوای ئەوەی کە کەرتەکانی ڕێکخستن پێك هێنران، کرایە ئەندامی پۆل لە کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ. ساڵی دواتر بەشداریی لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد، لە ساڵی ١٩٨٤یش بەشدار بوو لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵە لە مێرگەپان.

ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی هێرشی فراوانی هێزەکانی عیراق لە چوارچێوەی شاڵاوی سێیەمی ئەنفال بۆ سەر سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك، بەشدار بوو لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکەدا. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوری مەڵبەندی ٣، بەشدار بوو لە بەرپەرچدانەوەی پێشڕەویی هێزەکانی عیراق و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە شەڕی گوندی گەرەوانی ناوچەی باڵەکایەتیدا گێڕا. پاش شاڵاوەکانی ئەنفال بە هێزێکەوە لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك مایەوەو بە شێوەی شەڕی پارتیزانی بەردەوام بوو لەسەر پێشمەرگایەتی.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکی و شەڕەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی هەیبە، سێقوچان و گردەسور (١٩٨٣)، نەبیاواو شیوەسور (١٩٨٥)، مارە ڕەشە (١٩٨٦)و گەرەوان (١٩٨٨)، سەرباری ئۆپەراسیۆنەکەی داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧.

ساڵی ١٩٨٩ هێزەکەی کشایەوە سەر سنورو ماوەیەك لە گوندی بلەکێ گیرسایەوە. دواتر هێزەکە بارەگای لە گوندی چیوەڕۆ دانا. ساڵی ١٩٨٩ کرایە فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوك. ساڵی دواتر داوای لێ کرا بە هێزێکەوە بچێتە شارباژێڕی سەخت و ئەرکی دانانی بارەگایەك لەوێ بۆ پێك گەیاندنی پارتیزانەکانی دۆڵی جافەتی و ناوچەی کەرکوك بگرێتە ئەستۆ.

پاش جێبەجێ کردنی ئەرکەکە بە سەرکەوتویی، گەڕایەوە سەر سنورو دواتر بەشدار بوو لە خولێکی فەرماندەیی عەسکەری لە شاری گەیلان غەرب لە ئێران کە نزیکەی دوو مانگی خایاند.

لە راپەرینی ساڵی ١٩٩١دا لەگەڵ رەتڵەکەی عومەر عەبدوڵڵا و حەسەن حەمید ناسراو بە مام رۆستەم و شەوکەوت حاجی موشیر، دابەزی و ئەرکە پێسپێردراوەکانی لە دەوروبەری سلێمانی بەجێ هێنا. پاشان بەشدار بوو لە شەڕەکانی بان مەقان و قەرەهەنجیرو دواتریش خۆی و تیپەکەی رۆڵێکی کارایان لە رزگارکردنی شاری کەرکوکدا گێڕا و هەر لەو شەڕەشدا بە سەختی بریندار بوو.

پاش راپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٢ی شوان و دواتر بووە جێگری فەرماندەی هێزی ٦ی کەرکوك و لە دوایيدا لێپرساوەتیی فەرماندەیی هێزەکەی لە ئەستۆ گرت.

ساڵی ١٩٩٣ وازی لە کاروباری عەسکەری هێنا،

گەڕایەوە سەر کاری ڕێکخستن و لە مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك پلەی کارگێڕی پێ درا و لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی کۆیەو تەکیەشی گرتە ئەستۆ. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٥-٢٠٠٠دا جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی کەرکوك بوو. ساڵی ٢٠٠٠ کرایە نوێنەری تاڵەبانی لە مەڵبەند.

ساڵی ٢٠٠٥ بووە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن و لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٠ دا لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ١٢ی ڕێکخستنی چەمچەماڵی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠١٠ بووە ئەندامی لیژنەی باڵای مەکتەبی ڕێکخستن.


لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ٢٠١٩، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە ٢٩ی شوباتی ٢٠٢٠دا بە جێگری سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## مستەفا چاوڕەش



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی مستەفا قادر مەحمود. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٦ی سلێمانی. ساڵی ١٩٥٤ لە خوێندنگەی مەلیك غازی لە سلێمانی دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردوە و تا سێی ناوەندی بەردەوام بووە لەسەر خوێندن.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٢ دەست پێدەکا، کاتێك پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە




کرد. لە کاتی لەتبونی ئەم حزبەدا لە ساڵی ١٩٦٧، پشتیوانیی لە باڵی سەرکردایەتیی ناوەندی کرد بە ڕابەرایەتیی عەزیز حاج. لەو ماوەیەدا بوو بە ئەندامی لقی کوردستانی حزب.

ساڵی ١٩٧٣ وازی لە باڵی سەرکردایەتیی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیست هێنا و پەیوەندیی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. لە ساڵی ١٩٧٤ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، چووە ریزی شۆڕشەوە و لە پێشمەرگایەتیدا پلەی سەرلقی وەرگرت. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا پەنای بۆ ئێران بردو بۆ ساڵی دواتر ئێرانی بەجێ هێشت و لە هۆڵاندا گیرسایەوە.

لەوێ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو پشتگیریی لە بەرنامەی

دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار کرد. ساڵی ١٩٧٧ چوو بۆ سوریاو لەوێوە لەگەڵ مەفرەزە سەرەتاییەکاندا بەناو خاکی تورکیادا خۆی گەیاندە ناوچەی برادۆست. پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی و ئەنجامدانی یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی لە ناو وڵات لە کۆتایی ئاب و سەرەتای ئەیلول، لەکانونی یەکەمدا لەگەڵ کاروانەکەی نەوشیروان مستەفادا کە کرابوو بە فەرماندەی هەرێمی شارباژێڕ، بە ناو خاکی ئێراندا بەرەو شارباژێڕ بەڕێ کەوت و ژیانی پێشمەرگایەتیی لە شۆڕشی نوێدا دەست پێکرد. بۆ ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێڕو پاش شەهیدبوونی فەیسەڵ ڕەشید تاڵەبانیی فەرماندەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ لە ساڵی ١٩٧٩، بوو بە فەرماندەی ئەو هەرێمەو تا ساڵی ١٩٨٢ لەوێ مایەوە.

لە ماوەی نێوان ١٩٨٢- ١٩٨٥دا وەك ئەندامی مەکتەبی عەسکەری دەستبەکار بوو. لە ماوەی نێوان ١٩٨٥- ١٩٨٧ کرایە ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو، لەم سەروبەندەدا سەرپەرشتیی تیپەکانی سنوری قەڵادزێ و ڕانیەو بیتوێنی کرد و بارەگای لە گوندی مەرگە لە بناری چیای ئاسۆس دانا.

لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧دا نۆکەرێکی ڕژێمی بەعس ژەهری خستە ناو خواردنەکەی لەگوندی سێروانی ناوچەی مەرگەو لە ئاکامدا دایکی و دوو کەسی تری ناو ماڵەکە شەهید بوون و خۆی و چەند کەسێکی تر لەوانە دکتۆر مەحمود عوسمان و عەدنان موفتی بەر کەوتن و بە پەلەپروزێ بۆ چارەسەر نێردرانە ئێران و لەوێوە بۆ بریتانیا.

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بۆ ساڵی دواتر کرایە سەرلەشکری هەولێر. ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە لەسەر لیستی سەوز بوو بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و هەمان ساڵ، پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم، لە پەرلەمان دەستی لەکار کێشایەوەو کرایە یەکەم پارێزگاری کەرکوك لە دەربەندیخان.


ساڵی ١٩٩٤ وازی لەپارێزگاریی هێنا و بوو بە لێپرسراوی مەڵبەندی ٨ی ڕاپەڕین لە ڕانیەو لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە لە قەڵادزێ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات، هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ڕێگرتن لە تەشەنە سەندنی کێشەکە، بەڵام پەڕینەوەی ئاسەواری کێشەکە بۆ ناو ڕانیە، کوردستانی بەرەو تەنگژەی سەخت برد.

ساڵی ١٩٩٩ بۆ ماوەیەك کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەو هەر ئەو ساڵە بەرپرسیارێتیی مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکانی پێ سپێردرا. لە کۆنگرەی دووی ساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوەو ساڵی ٢٠٠٦ کرایەوە بە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی بۆ جاری سێیەم بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.


ساڵی ٢٠١٤ یاداشتەکانی خۆی لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «یادەوەرییەکان» لە سلێمانی بڵاو کردەوە. ئەم کتێبە تۆمارێکی دیکۆمێنتارە دەربارەی ژیانی سیاسیی لە ناو پارتی کۆمۆنیستی عیراقو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو گوزەرێکیشە بەوردەکارییەکانی ژیانی سیاسیی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٢-٢٠١٠.

لە ئەیلولی ٢٠١٩دا، لە جێی جەعفەر شێخ مستەفا کە پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی وەرگرتبوو، بووە سەرپەرشتیاری هێزەکانی ٧٠ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هەر ئەو ساڵە بەسترا، لەسەر بازنەی سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. پاش کۆنگرە، وەک بە تەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی گرتە ئەستۆ تا ئەو کاتەی سکرتاریەتی ئەنجومەن هەڵبژێردرا.

## مستەفا ساڵح کەریم



نووسەرو رۆژنامەنووس. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٣ی شاری سلێمانی. لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا، کە هێشتا خوێندکاری ناوەندی بووە، چۆتە ناو جیهانی سیاسەتەوە، کاتێك لە ساڵی ١٩٤٧دا پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ کە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بوو، لەسەر چالاکیی سیاسی بۆ ماوەی ساڵێك مافی خوێندنی لێ زەوت کرا. پاش تەواوبوونی ماوەی سزاکە، کە ویستی بگەڕێتەوە بۆ خوێندن، خوێندنگەکە وەری نەگرتەوەو لەم سۆنگەیەوە یەکسەر چووە خانەی مامۆستایان لەگەڕەکی ئەعزەمیەی بەغدا و لەوێ درێژەی بەخوێندن دا.




لەو ماوەیەی لە بەغدا بوو، بەردەوام لە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکاندا بوو. ساڵی ١٩٥١ دەستگیر کراو ئەم دەستگیرکردنە ئەو دەرفەتەی بۆ پێکهێنا کە لە گرتوخانە ئاشنایەتی لەگەڵ هەر یەك لە کەمال فوئادو کەریم ئەحمەدو عززەددین مستەفا رەسوڵ و زێوەر خەتاب و مەحمود خەزنەدار پەیدا بکا.

دوای تەواوکردنی خوێندن لە بەغدا، بۆ خوێندنی باڵا لە دەرەوەی عیراق کاندید کرا و وا دانرا کە بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی لە میسر یان بیرکاری لە لوبنان یان کیمیا لە ئەڵمانیا بنێردرێ، بەڵام دەزگا ئەمنییەکان رێیان پێ نەدا خوێندنی باڵا لەدەرەوەی وڵات تەواو بکا.

لە ٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٢ کرا بە مامۆستا لە قەڵادزێ. بەم دامەزراندنەی وەك مامۆستا، کاروانی پەروەردەیی خۆی دەست پێکرد.

لە بـواری پـەروەردەدا، لە قـەڵادزێ و سێوسێنان و دارۆخان و چوارتاو سلێمانی و فەللوجەو رومادی، بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ مامۆستا و بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بوو. لەم قۆناغەی ژیانیدا رۆڵێکی باڵای لەوەرگێـڕانی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ زمانی کوردی گێڕاوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٧- ١٩٥٨ وەك خۆبەخش لە ڕۆژنامەی «ژین» کاری کردو رۆڵی سکرتێری نوسینی تێدا بینی. لـەو کاتـەدا ئەحمەد زرنگ سەرنوسەری رۆژنامەکە بوو. هەر لەو ماوەیەشدا، لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەری خوێندنگەی شێخ مەحمود بـوو لە سلێمانی، گۆڤاری «رابـەر»ی بەهەردوو زمانی کوردی عەرەبی دەرکردو خۆی سەرنوسەری بوو.

ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ کودەتای حزبی بەعس و روخانی رژێمی عەبدولکەریم قاسمدا دەستگیر کرا و تا روخانی فەرمانڕەوایی حزبی بەعس لە مانگی تشرینی دووەم، ئـەو مـاوەیـەی لەگرتوخانەکانی سلێمانی و بەغداو کەرکوك بەسەر برد.

ساڵی ١٩٦٩ لە سۆنگەی ناڕازیبوونی لە هەندێ لەسیاسەتەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، کۆتایی بە پابەندبوونی حزبیی خۆی هێنا، بەڵام وەك دۆست و لایەنگری حزبەکە مایەوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٢ بووە ئەندامی دەسـتـەی بـەڕێـوەبـردنـی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و لێپرسراوەتیی راگەیاندنی پێ سپێردرا و لەو ماوەیەدا دامەزرێنەرو یەکەم سکرتێری نوسینی گۆڤاری «دەنگی مامۆستا» بوو کە لقی سلێمانیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەری کردووە. هەر لەو ماوەیەشدا بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی حزبیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبێ، کاری لەرۆژنامەی «تەئاخی»دا کرد. لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤دا لە چوار کۆنفرەنسی ساڵانەی لقی سلێمانیی یەکێتیی نوسەرانی کورد بە سەرۆکی لق هەڵبژێردرا.

ساڵی ١٩٧٣، دوا بەدوای راگەیاندنی هاوپەیمانیی نێوان حزبی بەعس و پارتی کۆمۆنیستی عیراق، هەمـوو جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا پچڕاند.

ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، وەك ئەرکێکی نیشتمانی پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لەوێ کرایە بەڕێوەبەری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراق. پاش هەرەس هێنانی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥، گـەڕایـەوە بۆ سلێمانی و زۆری پێ نـەچوو بۆ رومـادی دوور خـرایـەوەو سـێ سـاڵ و نیو لـەوێ مـایـەوە. دوای گەڕانەوەی لە ڕومادی، بە سەرۆکی لقی سلێمانیی یەکێتیی نوسەرانی کورد هەڵبژێردرایەوە.

ساڵی ١٩٨٠ لە ڕێی نامەنوسین بۆ نەوشیروان مستەفا، پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دامـەزرانـدو لە ساڵی ١٩٨٣ بـەدواوە بەنامە پەیوەندیی لەگەڵ تاڵەبانی دامەزراندو لەو ماوەیەدا لە کاتی پێویستدا وەك پردی پەیوەندی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەستەبژێری رۆشنبیری کورد لە بەغداو سلێمانی کاری دەکرد. بەگومان کەوتنی دەزگا ئەمنییەکان لەپەیوەندییە سیاسییەکانی، هانی دان بیخەنە ژێر چاودێرییەوە. لـەسـەر دەربـڕیـنـی هەڵوێستی نیشتمانی لەچەند کۆڕێکی ئەدەبی و پەروەردەیی و سیاسی لە سلێمانی، لە نیسانی ساڵی ١٩٨٤ لە ئەرکی پەروەردەیی دوور خرایەوەو دوور لە خواستی خۆی خانەنشین کرا.

ساڵی ١٩٩٢ وەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی «کوردستانی نـوێ» کـاری کـردو پـاش دوو ساڵ لێـپـرسـراوەتـیـی ئۆفیسی سلێمانیی رۆژنـامـەی

ئیتتیحادی خرایە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩٨ پلەی ئەندام مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی پێ دراو ساڵی ٢٠٠٠ بووە جێگری سەرنوسەری رۆژنامەی «ئیتتیحاد».

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی رۆژنامەنوسانی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەن هەڵبژێردراو پاش کۆنگرەکە لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەندا بە جێگری نەقیب هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٣ رۆڵێکی بەرچاوی لە یەکخستنەوەی یەکێتیی رۆژنامەنوسان و سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستاندا گێڕاو لە کۆنگرەی یەکگرتنی هەردوو رێکخراودا بە ئەندامی ئەنجومەن هەڵبژێردراو پاشان بووە جێگری نەقیبی رۆژنامەنوسان. لە کۆنگرەی ساڵی ٢٠٠٧یش بە ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنوسان و دواتر بە جێگری نەقیب هەڵبژێردرایەوە. ئەندامی چەند کۆنگرەیەکە لەوانە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە شاری لەندەن (٢٠٠٢)، کۆنگرەی روناکبیرانی عیراق لە شاری لەندەن (٢٠٠٢)، کۆنگرەی بیست و پێنجەمی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنوسان لە ئەسینا (٢٠٠٤) و کۆنگرەی بیست و شەشەم لە مۆسکۆ (٢٠٠٧) و کۆنگرەی بیست و حەوتەم لەگادیز لەئیسپانیا (٢٠١٠) و فیستیڤاڵی بەدرخان لە پاریس (٢٠١١).

ئەزمونێکی قوڵی لە ویژەی کوردی و رۆژنامەنوسیدا هەیەو لە بواری چیرۆکدا بە یەکێ لە چیرۆکنوسە پێشەنگەکان دەژمێردرێ. چیرۆکەکەی «شەهیدانی قەڵای دمدم» کە ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە، لە مێژوی ویژەی کوردیدا بە شاکارێکی هونەری دەژمێردرێ کە دواتر دکتۆر بەندەر عەلی ئەکبەر وەری گێڕایە سەر زمانی عەرەبی و لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری و گەشتیاری و ئاسەواری عیراقەوە چاپ کرا. لە ٥ی تەموزی ٢٠١٨ دا لە رێو رەسمێکی شکۆداری وەزارەتی رۆشنبیری و گەشتیاری و ئاسەواری عیراقدا کە لە هۆڵی شێرکۆ بێکەس لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا ساز کرا، وەزیری رۆشنبیری، فریاد رەواندزی، خەڵاتی رێزلێنانی پێشکەش کردو لە وتەکەیدا بە «یەکێ لە ستونەکانی رۆشنبیریی عیراق و کورد» ناوی برد.

لە ١٦ی کانونی یەکەمی ٢٠١٨دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی سەیوان بە خاک سپێردرا. مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە راگەیەندراوەکەیدا بە بۆنەی کۆچی دواییەوە بە «ستونێکی پتەوی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی و راگەیاندنی کوردستانی و عیراقی» ناوی بردو بەم جۆرە هەڵی سەنگاند کە «رۆڵێکی گەورەی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا هەبوو».

## پاشکۆی ژمارە ١

### راگەیەندراوی مەکتەبی راگەیاندن بە بۆنەی کۆچی دوایی مستەفا ساڵح کەریمەوە

بە داخەوە هەواڵی مەرگی نوسەرو رۆژنامەنوس و یاریدەدەری لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڤاڵ مستەفا ساڵح کەریم رادەگەیەنین کە ئەمرۆ لە ئەنجامی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا مستەفا ستونێکی پتەوی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی و راگەیاندنی کوردستانی و عیراقی بوو. چ وەك نوسەرو رۆژنامەنوس و چ وەك شارەزای ئیداری و سیاسی، رۆڵێکی گەورەی لە رۆژنامەگەری و راگەیاندنی کوردیدا هەبوو. هەروەك لە ئەدەبی کوردیشدا وەك چیرۆکنوس ناوێکی دیار بوو و لە رەعیلی یەکەمی چیرۆکنوسانی کورد بوو. بە داخەوە بۆ کۆچی دوایی مامۆستا کە خەسارەتێکی

گەورە بوو بۆ رۆژنامەنوسی و راگەیاندنی کوردی.
بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هەڤاڵانی راگەیاندنی یەکێتی و رۆژنامەنوسان و ئەدەبیاتی کوردو هەروەها لە کەسوکارو بنەماڵەکەی دەکەین.

مەکتەبی راگەیاندنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## پاشکۆی ژمارە ٢

### بەیاننامەی راگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی مستەفا ساڵح کەریمەوە

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە نوسەرو روناکبیری بەئەزمون و تێکۆشەری دێرین مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم دوای زیاتر لە نیو سەدە خزمەتکردن بە کوردەواری، گیانی سپاردو بە یەکجاری ماڵئاوایی لێ کردین.

مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم لە ئەرکی حزبیدا یاریدەدەری لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن بوو، لە تەمەنی خۆی و ئەزمونی دورو درێژیدا، لە بواری ئەدەبی و روناکبیری و سیاسیدا، خزمەتێکی بەرچاوی بە کوردایەتی و کوردەواری کردووەو بەرهەمی نوسین و کتێب و ئەزمونی بە زیندوێتی دەمێنێتەوە.

لەم بۆنە خەمناکەدا پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکارو خانەوادە بەڕێزەکەیان و هەموو هەڤاڵانی مەکتەبی راگەیاندن و نوسەران و روناکبیران دەکەین.
هیوادارین ئەمە دوا ناخۆشیی هەموو لایەك بێت، رۆحی مامۆستای کۆچکردوش بۆ هەمیشە شاد بێت.

راگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## مستەفا سەید قادر



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی مستەفا قادر مستەفا. لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٨ ی شاری قەڵادزێ.
قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە ئامادەیی هەڵکەوت لە قەڵادزێ تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٨ دەست پێ دەکا، کاتێك پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٩ خوێندنی لە پەیمانگای کشتوکاڵ لە ئەبوغرێب لە بەغدا تەواو کردووەو ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووەو لە سنوری هەرێمی ٥ ی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردووە. هەر ئەو ساڵە گوێزرایەوە بۆ کەرتی ١ ی هێزی پاریزگاریی ناوچەی سەرکردایەتی کە محەمەد غەریب عەبدوڵڵا ناسراو بە ئازاد فەرماندەی بوو.

ساڵی ١٩٨٢ بووە ئەندام لە کەرتی رێکخستنی قەڵادزێ. هەر ئەو ساڵە بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە بەرەی ئالوەتان و کونە مشك. ساڵی ١٩٨٣بۆ ماوەیەکی کورت بووە فەرماندەی کەرتی تیپ لە سنوری تیپی ٢٣ ی سورداش.

ساڵی ١٩٨٥ بووە بەرپرسی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە تیپی ٦٣ ی جوتیاران و پۆلی رێکخستنی قەڵادزێ. سەرباری لێپرسراوەتییەکانی، سەرپەرشتیی رێکخستنەکانی تیپی ٦٥ی بلفەتیشی

کرد. ساڵی ١٩٨٨ پاش شەهیدبونی محەمەد رازانی فەرماندەی تیپی ٦٣ی جوتیاران، سەرپەرشتیی تیپەکەی کردو لە شەڕەکانی دۆڵی جافایەتیدا لە سەروبەندی بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی ئەنفالدا، لە دۆڵی گەڵاڵە بە چەکی کیمیایی بریندار بوو و بۆ چارەسەر رەوانەی سەقز کرا. دوای وەرگرتنی چارەسەر، لە بارەگای تیپی ٦٣ ی جوتیاران لە دۆڵەکۆگە گیرسایەوە. لە کۆتایی هەمان ساڵ، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کار کە بۆ قۆناغی پاش شاڵاوی ئەنفالەکان دانرابوو، نێردرایەوە بۆ ناو شارەکان بۆ سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکان. لەم سەروبەندەدا ماوەیەك بە شێوەیەکی نهێنی لە قەڵادزێ مایەوەو پاشان گواستییەوە بۆ هەولێر.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان (١٩٨٢)، شەڕی کانی خان (١٩٨٣)، هەردوو ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاری و زینوی سپی (١٩٨٧) و شەڕەکانی دۆڵی جافایەتی (١٩٨٨).

ساڵی ١٩٨٩ لە چوارچێوەی بەرنامەی کاری پاش شاڵاوی ئەنفالەکاندا، راسپێردرا شانەی چەکدار لە ناو شارەکان بە ناوی سوپای رزگاریی کوردستان (سرك) بۆ گواستنەوەی شەڕ بۆ ناو شارەکان پێك بێنێ. لەم سەروبەندەدا ئەو شانە چەکدارانە تێکهەڵکێشی شانە چەکدارە پێکهێنراوەکانی ساڵی ١٩٩٠ کران و بۆیان لوا رۆڵێکی گەورە لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا بگێڕن.

لە ماوەی مانەوەی بە نهێنی لە ناو شارەکان، سەرپەرشتیی رێکخستنە نهێنییەکانی کرد. لە ٢٩ ی ئەیلولی ١٩٩٠ دا لە ماڵە نهێنییەکەی لە گەڕەکی شورتاوای هەولێر لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا. گیرانی هیچ کاریگەریی لەسەر تەونە رێکخراوەییەکان و شانە چەکدارە نهێنییەکان نەبوو چونکە سەرەڕای ئەشکەنجەدان و تۆقاندن، دەزگا ئەمنییەکان هیچ زانیارییەکیان لێ بەدەست نەهێنا، تەنانەت زانیاریی ئەوەشیان لەسەری نەبوو کە پێشمەرگەیە و سەرپەرشتیی رێکخستنەکانی ناو شارەکان و شانە چەکدارە دەکات. ناوە راستەقینەکەشیان نەدەزانی، بۆیە لە کۆتاییدا بە ناوی عومەر مەحمود ئیسماعیل کە ناوی سەر ناسنامە ساختەکەی بوو، دادگایی کراو لە بەندیخانەی ئەبوغرێب بە چوار ساڵ بەندکردن حوکم درا.

لە بەندیخانەدا کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی باوەڕ بۆ رێکخستنی زیندانییە سیاسییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکهێنا کە ژمارەی ئەندامەکانی ٣٠ ئەندامی تێپەڕاند بوو.

لە ٢٢ی کانونی یەکەمی ١٩٩١دا بەپێی رێککەوتنێك لە نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراقدا سەبارەت بە ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان، بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. هەمان ساڵ کرایە ئەندامی مەکتەبی رێکخستن.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا، لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا. ساڵی دواتر، لە چوارچێوەی کارەکانی لە مەکتەبی رێکخستن، لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی پەیمانگای کادیرانی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٩٤ بووە لێپرسراوی مەڵبەندی ٨ی رێکخستنی راپەڕین، لە هەمان کاتدا فەرماندەی فەرماندەیی ١ ی هێزی پێشمەرگەی سنورەکەش بوو. ساڵی ١٩٩٦ بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و لە پرۆسەی هەڵبژاردندا

زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا. پاش کۆنگرە بووە ئەندامی یەدەکی مەکتەبی سیاسی و جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا و پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کرد. هەمان ساڵ بووە ئەندامی جڤاتی نیشتمانی. ساڵی ٢٠١٣ لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بووە وەزیری پێشمەرگە.

ساڵی ٢٠١٩ بووە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بابەتی پەیوەندیدار:

*سوپای رزگاریی کوردستان (سرك).

*باوەڕ (کۆمیتەی رێکخستن).

*پەیمانگای کادیرانی مەکتەبی رێکخستن.

## مستەفا محەمەد مستەفا*



فەرماندە. ناسراو بە فەقێ مستەفای باڵەیی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی گوندی سەرکانی دۆڵی باڵەیان. بە منداڵی لەحوجرە خوێندویەتی.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری هەرێمی ٧ی باڵەك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لە ساڵی ١٩٨٢دا بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کە ئامانجەکەی هاوکاری کردنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو بۆ راگرتنی پێشڕەویی سوپای پاسدارانی ئێران. لەم روەوە رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەکانی شەڕ لە ئاڵوەتان و میراوە و خدراوە و چەکۆ گێڕا. پاش تەواوبونی ئۆپەراسیۆنەکە، کرایە جێگری فەرماندەی کەرت.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٣- ١٩٨٦دا بەشدارییەکی بەرچاوی لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کرد لەوانە شەڕەکانی وەرتێ، بێتواتە، کلاوی دێوانە، ماولیان، کێوەڕەشو دۆڵی ئاکۆیان. ساڵی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی کەرت. لە ساڵی ١٩٨٧دا بەشدار بوو لە شەڕەکانی دۆڵی خانەقاو ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاریدا.

لە کاتی دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨، رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی عیراقدا لە قۆڵی شارستێن بینیو دواتریش بەشدار بوو لەبەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق لە بەرەکانی سەری جوانەگا، هەڵەموند، دڕەبی، کونەکۆترو چیای گیابەند.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بە سەختی بریندار بووە. جارێك لە ساڵی ١٩٨٧ لە ئۆپەراسیۆنی داستانی رزگاریدا و جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨٨ لە دۆڵی باڵەیان لە گەرمەی شاڵاوی ئەنفالەکاندا.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لەگەڵ هێزەکاندا بەشداریی لە رزگارکردنی شاری رانیەدا کردو دواتر فریای ئەوە کەوت کە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی کەرکوکیش بکا.

پاش دروستبونی سوپای یەکگرتوی کوردستان کرایە جێگری فەرماندەی فەوجو دواتر کرایە فەرماندەی بەتالیۆن. پاشان لێپرساوەتیی فەرماندەیی سریەی فەوجی تایبەتی قەسرێی پێ سپێردرا.

لە٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا لە شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بزوتنەوەی ئیسلامیدا، لە گوندی گوێزانی ناوچەی باڵەکایەتی شەهید بوو.

## موئمین سەلام سادق*



پێشمەرگەی دێرین و کادیری تەکنیکار. ناسراو بە وەستا موئمین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لە سەروبەندی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراقدا، لەگەڵ باوکی و دوو برای بۆتە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بووە و هەر لەو ساڵەشدا لە ئێران پەیوەندیی لەگەڵ ئەندامێکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دامەزراند. لەو ماوەیەدا بووەتە مامۆستا لە ئۆردوگای ئاوارەکانی جەهروم.

ساڵی ١٩٧٨ لە شاری ئەسفەهان گیرسایەوە و هەر لەوێش ژیانی هاوسەرگیریی پێك هێنا. ساڵی دواتر گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و لەدەشتی کۆیە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردو ساڵی ١٩٨٣ گوێزرایەوە بۆ گەرمیان.

لەو ماوەیەدا رۆڵی چەخماخچی و چەکسازی دیوەو لەم سەروبەندەدا لە ناو هێزی پێشمەرگەدا سەرقاڵی چاککردنەوەی چەکە لەکارکەوتووەکان و دەزگای بێسیمی راکاڵ بووە. لە ساڵی ١٩٨٥ بەدواوە زۆرتر نیشتەجێی گوندی هۆمەرامانی ناوچەی قەرەداغ بووەو ئەو گوندەی کردبوو بەوەرشەی چاککردنەوەی چەکەکان. بەڵام ئەو هەر بەوە دانەکەوتووە کە چەکە لەکارکەوتووەکان چاك بکاتەوە، بەڵکو لە بواری چەکسازیدا داهێنانیشی کردووە، لەم روەوە توانیویەتی مینی تانك بە کەرەستەی سەرەتایی دروست بکا و لە پارچەکانی رەشاشی بیکەیسی و گرینۆف چەکێکی تازە دابهێنێ.

ساڵی ١٩٨٨ بۆ جاری دووەم ئاوارەی ئێران بۆوە. لەو ماوەیەدا کە تێیدا هێزی پێشمەرگە گەڕایەوە سەر ستراتیجی شەڕی پارتیزانی، وەستا موئمین دوربینێکی لەسەر شێوەی دوربینی ژێراو بۆ پێشمەرگە پارتیزانەکانی رستی گەرمیان و قەرەداغ و بازیان بە فەرماندەیی حەمە رەش کەسنەزانی دروست کرد کە زۆر بەکەڵکی هەڵسوڕانی پارتیزانی دەهات.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بوو لە ئازادکردنی کەلارو باوەنور و دەربەندیخاندا. لە کاتی خۆسازدانی هێزی پێشمەرگەدا بۆ ئۆپەراسیۆنی گرتنی کەرکوك، سەرقاڵی چاککردنەوەی هاوەن و تۆپە لە کارکەوتووەکان بوو، سەرباری بەشداریی راستەوخۆی وەك پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا.

ساڵی ١٩٩٢ بووە رابەری سیاسیی بەتالیۆنی چەمچەماڵ و پاشان کرایە رابەری سیاسیی هێزی ٢ی قەرەداغ. دواتر کرایە ئەفسەر لە فەوجی یەکی گەرمیان. لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا لە شەڕی ناوخۆدا لە گردە نازێی شارەزور لە شەڕێکدا شەهید بوو.

## موحسین بایز محەمەد ئەمین



فەرماندە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی میرزا رۆستەم لەبناری چیای کۆسرەت. تا پۆلی ٣ی ناوەندیی خوێندووە.

لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٦ هەمووی

چەند مانگێك بوو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کردبوو، کاتێك دەستگیر کرا و ڕەوانەی کەرکوك کرا. پاش لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانێکی زۆر هیچی نەدرکاندو هیچ بەڵگەیەکیشی لەسەر ساغ نەبۆوە، بۆیە پاش دەوروبەری شەش مانگ ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. پاش جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پێکهێنانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩، کرایە جێگری هەرێمی ١٤ی ئاکۆیانی سەر بە حزبی سۆسیالیست و ساڵی ١٩٨٢ کرایە فەرماندەی هەرێمەکە. هەر ئەو ساڵە بە هەمان پلە بۆ هەرێمی باواجی گوێزرایەوە.

ساڵی ١٩٩٢ لە کاتی سەرهەڵدانی تەنگژەو دوبەرەکی لە ناو حزبی سۆسیالیست، پشتگیریی باڵی ڕەسوڵ مامەندی کردو دژی پرۆژەی یەکگرتنی حزبی سۆسیالیست و پارتی گەل و پاسۆك وەستایەوە. لەدووەمین کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٢ی حزبی سۆسیالیست لە شاری ڕانیە، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و پاش کۆنگرەکە بووە بەرپرسی لقی ڕانیەی حزبی سۆسیالیست. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٣ دوا بەدوای تێکەڵبونی حزبی سۆسیالیست بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کرایە ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٤ لێپرساوەتیی فەرماندەیی باڵەکایەتیی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٩٧ بووە کارگێڕی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە ساڵی ٢٠٠١دا کرایە بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە.

لە ١١ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩ لە ماڵی خۆی لە سەنگەسەری خواروو بە ڕوداوی لە دەست دەرچوونی فیشەکی تاپڕ کۆچی دوایی کرد.

## موحسین جەرجیس سۆفی*



کادیری ڕێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گەڕەکی سەعدوناوای شاری هەولێر کە یەکێکە لە گەڕەکە دێرینەکانی ئەو شارە. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە خوێندنگەی زێوەرو ناوەندیی لەگەڕەکی سەیداوا و دواناوەندیی لە ئامادەیی کوردستان تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٠ لە پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر وەرگیرا و پاش دوو ساڵ خوێندنی لەو پەیمانگایە تەواو کرد.

بە هۆی هەژاریی خانەوادەکەیەوە، بە شێوەیەکی خۆڕسك بە لای ئەو بیروباوەڕانەدا دایشکاند کە دوراییەکی چینایەتییان بە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان بەخشیوەو لەم سۆنگەیەوە پەیوەندی کردنی لە ساڵی ١٩٧٧دا بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە درێژەپێدانو ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتیو ئەندێشە چەپەکانی خۆی بووە.

لەو ماوەیەدا وەك کادیرێکی ڕێکخستنەکان هەڵسوڕاو و بەتوانا بوو. دڵسۆزیی بۆ ئەو ڕێبازەی کە باوەڕی تەواوی پێ بووە، گەیشتە رادەی فرۆشتنی ئەو پارچە زەوییەی کە خانەوادەکەی وەك قەرەبوو لەبری تێکدانی خانووەکەیان لەگەڕەکی گڵکەند وەری گرتبوو و بەکارهێنانی پارەکەی بۆ دابین کردنی خەرجیی ڕێکخستنەکان.

بە هۆی هەڵسوڕانو چاپوکیی لە بواری ڕێکخستندا، دەزگا ئەمنییەکان خستیانە ژێر چاودێرییەوە. لە ١٧ی تەموزی ١٩٨١ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێرەوە دەستگیر کرا. سەرەڕای ئازارو

ئەشکەنجەدان، نهێنییەکانی ڕێکخستنی پاراستو لە ٣ی کانونی دووەمی ١٩٨٢ لە کەرکوك بەتۆمەتی پلان دانان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی شۆڕشگێڕانە لە ناو شاری هەولێر، فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرچوو. لە ٢٨ی تشرینی ١٩٨٢ لە بەندیخانەی ئەبوغرێب لەسێدارە درا.

## موحسین عوسمان حەمەد یونس




پێشمەرگەی دێرین و کادیری حکومی. ناسراو بە مامۆستا موحسین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی شۆرە زەرتکەی ناوچەی کەندیناوەی قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر. دەرچوی ئامادەییە. ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ هەرەس هێنانی شۆڕشدا ئاوارەی ئێران بوو. بەڵام زۆر لەوێ نەمایەوەو زوو ئێرانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ هەولێر.

لە ساڵی ١٩٧٧دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر وەك ژمێریار لە بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینیی هەولێر بەفەرمانبەر دامەزرا. لە ساڵی ١٩٧٩دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو هەر ئەو ساڵە کرایە کارگێڕی ناوچەی هەولێری حزبەکە. ساڵی دواتر بووە بەرپرسی ناوچەی هەولێرو لە ساڵی ١٩٨١دا بووە کارگێڕی لقی هەولێر لەدۆڵی سماقوڵی.

لەیەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستدا لە ساڵی ١٩٨١ خۆی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی پاڵاوت بەڵام بە ٦ دەنگ کەمتر دەرنەچوو. هەمان ساڵ کرایە جێگری لقی هەولێری حزب. لە ساڵی ١٩٨٧دا ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی زێبارو سورچیاتیو بەڕانەتیی پێ سپێردرا. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا جارێك بە سەختی بریندار بووە. ئەویش لە ساڵی ١٩٨١دا لە کاتی هێرش کردنە سەر یەکێ لەڕەبیەکانی سوپای عیراق لە پردێ. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردنی دیبەگە و مەخمور.

لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیست لە ڕانیە لە ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٣ پشتگیریی پڕۆژەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی سۆسیالیست و چونە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد. دوا بەدوای ئەمە، کرایە کارگێڕ لە مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر. ساڵی ١٩٩٥ کرایە سەرلەشکری ١٨ی بەڕانەتی. ساڵی ١٩٩٧، لەگەرمەی شەڕی ناوخۆدا، لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی «گەردەلولی تۆڵە» دا لەگوندی شێخ ئالوان لە دەوروبەری دێگەڵە بە سەختی بریندار بوو. هەر ئەو ساڵە، کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە کۆیە. ساڵی ١٩٩٩ کرایە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێم لە سلێمانی. ساڵی ٢٠٠١ لێپرساوەتیی بەڕێوەبەرایەتیی پاسپۆرتو مانەوەی لە سلێمانی پێ سپێردرا و لە ساڵی ٢٠٠٧دا کرایە بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامە لە سلێمانی. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٠دا لێپرساوەتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەگەزنامە و پاسپۆرت و نشینگەی لە سلێمانی وەرگرت.

# موحسین عەلی ئەکبەر



کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی موحسین عەلی ئەکبەر قاسم ناسراو بە مامۆستا موحسین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی خانەقین. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەخانەقین تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧١ لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەرگیراوە بۆ ساڵی دواتر بوو بەئەندام. ساڵی ١٩٧٤ خوێندنی لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر تەواو کردوە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو بۆ ساڵی دواتر گوێزرایەوە بۆ بارەگای ڕاگەیاندن لە نۆکان و لەوێ بووە لێپرسراوی بەشی کوردیی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کە ئەوسا پێی دەوترا دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەمان ساڵ لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی کامپی مەشقی پێشمەرگەی لەگوندی توژەڵە پێ سپێردرا.

لەگەڵ دەستپێکردنی پەیوەندیی نێوان ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لە ماوەی نێوان ١٩٧٩- ١٩٨٠ نوێنەرایەتیی یەکێتیی کرد لە شاری سەردەشت و دواتر وەك نوێنەری یەکێتی گوێزرایەوە بۆ تاران. ساڵی ١٩٨٢ پاش گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و یەکێتی، ئۆفیسەکەی یەکێتی لە تاران داخرا و خۆیشی بۆ ماوەی چوار مانگ و نیو زیندانی کرا. دوای ئازادبوونی، گەڕایەوە بۆ هەرێم و کرایە لێپرسراوی لقی ٢ی کەرکوك. ساڵی دواتر، پاش هەڵوەشاندنەوەی لقەکان، لێپرسراوەتیی کەرتی ڕێکخستنی بازیانی پێ سپێردرا و ساڵی ١٩٨٥ کرایە لێپرسراوی ڕێکخراوی ٤ی سلێمانیی کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٨٦ کرایە ئەندامی دەزگای ناوەندیی ڕێکخستنی کۆمەڵە کە بارەگاکەی لەگوندی هەڵەدن بوو لە دۆڵی جافەتی. بۆ ساڵی دواتر، وەك ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ڕاگەیاندن و کرایە لێپرسراوی بەشی چاپخانەو تا ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بوو لەسەر ئەم کارە.

پاش ڕاپەڕین، لە ساڵی ١٩٩٢دا کرایە کارگێڕی مەڵبەندی سلێمانی و بۆ ساڵی دواتر بووە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند. لە ماوەی نێوان ١٩٩٦- ١٩٩٨ لێپرسراوی مەڵبەندی گەرمیان بوو. ساڵی ١٩٩٨ گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن و لێپرسراوەتیی بەشی چاودێریی پێ درا.

ساڵی ١٩٩٩ بووە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی شارەزوورو هەر ئەو ساڵە کرایە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی. ساڵی ٢٠٠٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێجی یاسای زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا.



پاش روخانی رژێمی بەعس، لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ٢٠٠٦ لێپرسراوی مەڵبەندی ٨ی ڕێکخستنی خانەقین بوو. لەو ماوەیەدا، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و ساڵی ٢٠١٠ کرایە ئەندامی لیژنەی باڵای ڕێکخستن لەمەکتەبی ڕێکخستن.

ساڵی ٢٠١٨ بۆ جاری دووەم لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٨ی خانەقینی پێ سپێردرا.

## مورافەعە (دەستەواژە)

دەستەواژەیەکی یاساییە لە دادگاکاندا، لە کاتی بەرگری کردنی پارێزەر لە راسپێرەکەی، بەکار دەهێنرێ. لە روی مافناسییەوە، مورافەعە چەند پێناسەیەکی هەیە لەوانە: مورافەعە جارنامەیەکی تایبەت بە رونکردنەوەو دیاریکردنی ناوەڕۆکی ململانێیەکی دیاریکراو و نمایش کردنی ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەیە کە پێگەی کەیسەکەیان پێ بەهێز دەکرێ. هەروەها مورافەعە چ بە نوسراو بێ چ سەرزارەکی، هۆکارێکە لایەنە ناکۆکەکان تێیدا بەڵگەکانیان دەخەنە روو، بەرگری لە کەیسەکەیان دەکەن، زمانی لۆجیك و پێسەلماندن بەکار دێنن و بە دیکۆمێنتەوە بەرپەرچی را و بۆچونی نەیارەکانیان دەدەنەوە.

ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەم جار لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لە ساڵی ٢٠٠٤ بە هەمان مانا عەرەبییەکەی بەکار هێنراوە، ئەویش لە دوو چوارچێوەی دیاریکراودا: یەکەمیان، زاڵکردنی لایەنە سیاسییەکەی بەسەر لایەنە یاساییەکەیدا، دووەمیان، تەرخان کردنی بۆ سەلماندنی مافی کورد لە کەرکوك بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە.

لە ٩ی شوباتی ٢٠٠٤دا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی حوکم لە بەغدا، تاڵەبانی کە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنەکە بوو، بە دورو درێژی قسەی لەسەر پرسی کەرکوك کردو جەختی کردە سەر پێویستیی گێڕانەوەی کوردو تورکمانە راگوێزراوەکان بۆ شارەکەو ئەنجامدانی راپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوس و ناسنامەکەی.

تاڵەبانی لە رێگای دیکۆمێنت و نەخشە جوگرافییەکانەوە سەلماندی کە کەرکوك بەشێکی هەرێمی کوردستان پێکدێنێ بەڵام دەبێ رێککەوتنێك بۆ شێوازی گێڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان بێتە



ئاراوە بۆ ئەوەی چارەسەرەکە چارەسەرێکی بەکۆمەڵ بێ.

لەو کاتەدا ئەنجومەنی حوکم سەرقاڵی تاوتوێ پرۆژەی دەستوری راگوزەری رژێمی تازەی عیراق بوو و لەم سەروبەندەدا تاڵەبانی باسی کورتە مێژویەکی سەرهەڵدانی مەسەلەی کوردی کرد، نیشانی دا کە کورد بەسەر عیراق، ئێران، تورکیاو سوریادا دابەش بون و مێژوی لکاندنی کوردستانی عیراق بە دەوڵەتی عیراقەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە، ئەویش بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان کە خەمی سەرەکیی دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بووەو زۆر گوێی بە مافەکانی کورد نەداوە. تاڵەبانی باسی کرد کە سی جی ئیدمۆندس نوێنەری بریتانیا لەو کۆمیتەیەی کۆمەڵەی گەلان کە بڕیاری لەسەر چارەنوسی ویلایەتی موسل داوە، ئەوەندەی لە توانایدا بووە ویستویەتی رەنگی کوردانەی پارێزگای کەرکوك کاڵ بکاتەوە، ئەویش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی وڵاتەکەی لە کەرکوك. هەروەها باسی ئەوەی کرد کە ئەو گەرەنتییانەی کە بریتانیا سەبارەت بە مافەکانی کورد دابوی بە کۆمەڵەی گەلان و هەروەها ئەو بەڵێنانەی کە عیراق لە ساڵی ١٩٣٢ سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی کورد بە کۆمەڵەی گەلانی داوە، هیچیان جێبەجێ نەکراون و لە کۆتاییدا پێشێل کردنی مافەکان گەیشتۆتە رادەی پاکتاوی رەگەزی و دەرکردنی کوردو تورکمان لە پارێزگای کەرکوك و نیشتەجێ کردنی عەرەب لە شوێنیان لە سەردەمی حوکمڕانیی حزبی بەعس. هەر لەم سەروبەندەدا تاڵەبانی جەختی لەسەر گرنگیی ناوەڕۆکی راپۆرتی ئەو کۆمیتەیە کردەوە کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانی لە ساڵی ١٩٢٤ لە کۆنت تیلکی، سەرەك وەزیرانی پێشوی هەنگاریا، م. ئاف ڤێرسن دیپلۆماتکاری سویدی و مێژەر پاولسی بەلژیکی پێکی هێنا بوو بۆ تاوتوێ کردنی کێشەی ویلایەتی موسل و پێشکەش کردنی پێشنیار دەربارەی بابەتی دیاریکردنی سنوری نێوان عیراق و تورکیا. لەم روەوە تاڵەبانی چەند پەرەگرافێکی راپۆرتەکەی خوێندەوە لەوانە ئەو پەرەگرافەی کە تێیدا هاتووە کە عیراقی عەرەب لە باکوردا هەرگیز لە تکریت و بەرزاییەکانی حەمرین تێنەپەڕیوەو هەرێمە جێناکۆکەکە بەشێك نەبوە نە لە عیراقی عەرەب و نە لە دەڤەری ئەناتۆلیا. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە لە لاپەڕە ٣٨٤٦ ی بەشی پێنجەمی فەرهەنگی ناوەکانی شەمسەددین سامی فراچەری دا هاتووە کە «سێ چارەکی دانیشتوانی کەرکوك کوردن، چارەکەکەی تر تێکەڵەن لە تورك و عەرەب و کەمینەکانی تر، لەگەڵ ٧٦٠ ئیسرائیلی (جولەکە) و ٤٦٠ کلدانی». تاڵەبانی بۆ سەلماندنی کوردستانیبونی کەرکوك کۆپییەکی ئۆریژناڵی نەخشەیەکی ساڵی ١٨٩٣ ی دەوڵەتی عوسمانیی لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ هۆڵی کۆبونەوەکە کە لە چاپخانەی ئەمریکان لە بەیروت چاپ کرابوو و بە زمانی عەرەبی لەسەری نوسرا بوو « نەخشەی تازەی ویلایەتەکانی مەملەکەتی عوسمانی لە ئاسیا لە رۆژگاری خەلیفەی گەورەمان سوڵتانی مەزن عەبدولحەمید خان خوای گەورە بۆ هەتا هەتایە پشت و پەنای دەسەڵاتەکەی بێت». نەخشەکە ساڵێك لەمەوبەر رۆژنامەنوس حەمید ئەبوبەکر بەدرخان سەرنوسەری رۆژنامەی « بەدرخان»، لە موسل لە هاووڵاتییەکی عەرەبی موسل بە ناوی عیسام ئیبراهیم حسێن ناسراو بە ئەبو عیماد پەیدای کردبوو. نەخشەکە زۆر بە رونی نیشانی دابوو کە کەرکوك و دەوروبەری بەشێکی جیانەکراوەی کوردستان پێکدێنن و عوسمانییەکان

وەك راستییەكی بەڵگەنەویست مامەڵەیان لەگەڵ كوردستانیبونی كەركوك كردووە. تاڵەبانی لە گەرمەی قسەكانیدا نەخشەكەی لەسەر مێزی بەردەم ئامادەبووەكان راخست و یەك بە یەك پیشانی دان كە عوسمانییەكان لەو سەردەمەدا كەركوكیان لە ناو سنوری كوردستان داناوەو وتی « ئێمە ئێستا داوا ناكەین كەركوك بخرێتە سەر كوردستانی عیراق، بەڵكو داوا دەكەین راگوێزراوە كوردو توركمانەكان بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان لە كەركوك، عەرەبەكانیش كە رژێمی پێشوو لە كەركوك جێگیری كردون، بگەڕێنەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان لە ناوەڕاست و باشوری عیراق. پاشان راپرسییەك لە ناو كوردو توركمان و عەرەبی رەسەنی كەركوك، لەسەر بنچینەی سەرژمێرێكی ورد، ئەنجام بدرێ بۆ دیاریكردنی ئایندەو چارەنوسی كەركوك». هەر لەم سەروبەندەشدا داوای كرد زمانی كوردی، شان بە شانی زمانی عەرەبی، وەك زمانێكی فەرمی لە عیراق بناسرێ و ئەمەی بە مافێكی رەوای كورد زانی.

بەرگری كردنی تاڵەبانی لە كەركوك بەو پێیەی كە بەشێكی دانەبڕاوی كوردستانە لە بەردەم نوێنەرانی گەلی عیراق و لە ناو هۆڵی كۆبونەوەكانی باڵاترین دامەزراوەی حوكمڕانی لە عیراقی ئەو سەردەمەدا كە ئەنجومەنی حوكمە، بەو رۆشنی و بوێری و راشكاوییە، زۆرترین كاریگەریی لەسەر شێوەی داڕشتنی ماددەی ٥٨ی تایبەت بە كێشەی ناوچە جێناكۆكەكانی دیكۆمێنتی ساڵی ٢٠٠٤ ی «یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوەدا» هەبوو كە دواتر بە وردەكارییەكی زۆرتر بە شێوەی ماددەی ١٤٠ گوێزرایەوە بۆ دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ی عیراق.

## پاشكۆی ژمارە ١
## مورافەعەی مام
## (وتار)

بیرەوەریی یانزە ساڵەی مورافەعەكەی سەرۆك مام جەلال لەسەر سنوری كوردستانی باشور كە حەمرینەو كەركوكیش ناوجەرگەیەتی، لە بەراوردێكدا دەكەینەوە كە تا دێ مژدەی خۆشتر لەسەر تەندروستیی مام دەبیستین.

ئومێدمانە مژدەكە وا مەزن بێت كە پارێزەرەكەی كوردایەتی دەرەقەتی سەد مورافەعەی تر بێت، مادام هێشتا ئەركەكانی كوردایەتی تا دوای پلەی مافی چارەنوس، ماویەتی.

مورافەعەكەی سەرۆك مام جەلال لە ئەنجومەنی حوكم لە بەغدا، وێستگەیەكی زۆر گرنگە لە چەندین وێستگەی تەقەللاكانی بەڕێزیان بۆ كەركوك، ئەو تەقەللایانەی بە باڵای تەمەنی خەباتی سیاسیی خۆی و ئینجا یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانن، بەڵام لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ وە شێوەیەكی چڕنایەتییان بە خۆیەوە بینیوە. سەبارەت بە دەستڕاگەیشتنی كوردایەتی بە خەباتی مەدەنی و ئیعلامی و رۆشنبیری و سیاسی، لە وێستگەی وادا مام جەلال هەموو یادێكی رزگاركردنی كەركوكی لە راپەڕینی ١٩٩١ وە دەكردە بۆنەیەك بۆ وەبیرهێنانەوەی راستییە مێژوویی، سیاسی و قانونییەكانی مەسەلەی كەركوك لە رێی سەرچاوە رەسەنەكانی گەڕیدەی بیانی كە بە كوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەڕاون، لە رێی بەڵگەنامەو سەرژمێرییە رەسمییەكانی دەوڵەتی عوسمانلی و نێردەكانی كۆمەڵەی گەلان و دیكۆمێنتەكانی مەملەكەتی عیراق و كۆماری عیراق، لەپێناوی وەبیرهێنانەوەی دروست و شایانی داخوازیی

کوردستانییان بۆ گێڕانەوەی کەرکوکی کوردستانی بە جۆرێك کە ئەم نەخشەو بەڵگەو ئاماژانە ساڵ بە ساڵ لە جانتاو چەکمەجەو سەر مێزی مام جەلال تا دەهات زیاترو زیاتر دەبون، تا بوونە دۆسێیەکی دەوڵەمەندی رەوایی و رەوانی لەسەر سنوری مێژویی کوردستانی باشور (ویلایەتی موسل) کە هەرگیز بەشێك نەبوە لە عیراقی عەرەب. ناوەڕۆکی دۆسێکە ئەوە بوو زوڵم و زۆری زیاتر لە هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عیراق لە دژی گەلی کوردستان کۆتایی پێ بێت، گەرەکە مافی چارەی خۆنوسین بۆ ئەم گەلە لەسەر خاکی خۆی بسەلمێنرێت و سەرپشك بکرێت لە یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی یەکسان و کەمەندێشدا بژێت کە خەڵکی کوردستان لەسەر خاکی باو و باپیرانی بە کەرکوکیشەوە سەروەرو سەرفراز بکات.

ئەم تەقەللایانە لەو ساڵانەدا ژەنەرال پرۆڤە بون بۆ رۆژی رزگاریی عیراق لە دەستی رژێمی دیکتاتۆری بەعس و هاتنە کایەی هەلومەرجێکی دیموکرات و لەبار تا مام وەك پارێزەرەکەی کوردایەتی، ئەمجارە لەجێی مەنتیقی هێزی شۆڤێنییەکان، هێزی مەنتیق و پێسەلماندن و بەڵگە هێنانەوە بکاتە جەوهەری سیاسەتکردن لە عیراق. ئەوە بوو مورافەعە مێژوییەکەی سەرەتایەکی چۆنایەتی بوو بۆ عیراقێکی نوێ کە رێی ئاوەدانی بۆ سیاسەت و یاساو مێژوو بکاتەوە لە جێی هەڵدێری کیمیاباران و ئەنفال و تەعریب و تەرحیل کە قەت چۆکیان بە کوردو کوردستان نەداوە.


مورافەعەکەی مام داوای ماف نەبوو لە برا گەورەکانی جاران، بەڵکو مورافەعەی پێسەلماندن بوو لە بەردەم هاوبەشەکانی تردا کە سەرەنجام دوای کەمتر لە مانگێك شێوەی دەوڵەتی عیراقی نوێ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە عیراقی فیدرال و یەکسان دیاری کرا و نەخشەی چارەسەری مەسەلەی کەرکوك و کێشەی سنوری کوردستان لە ماددەی ٥٨، پاشان لە دەستوری عیراقیش، لە نەخشە رێی ماددەی ١٤٠دا جێی خۆی گرت.

ئەمڕۆ کە یانزە ساڵ بەسەر ئەو مورافەعەیەدا تێدەپەڕێت، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەمیشە کۆششەکانی مامی خۆیانیان لەبیرە بۆ کوردستانێتیی کەرکوك هەر لە رۆژگاری دێرینی خەباتەوە تا وێستگەی مورافەعەکەو تا دوا وێستگەی کە پێش نەخۆش کەوتنی بەرێزیان پرۆژەیاسای دەستکاری کردنی سنوری پارێزگاکانی نادرە ئەنجومەنی نوێنەران. بە داخەوە پشوی جەنگاوەرانەی مام بە هۆی نەخۆشییەوەو هەروا بە هۆی پاشەکشەی پرۆسەی سیاسیی عیراقەوە کە دارزانەکەی گەیشتە قۆناغی پەیدابونی داعش، ئەم پرۆژە یاسایەی لە دۆلاب و چەکمەجەکانی ئەنجومەنی نوێنەران خەواند کە هەر خۆی ئەو تەنگژەیەی ئێستا بەڵگەیەکی ترە لەسەر پێشبینییەکەی سەرۆك مام جەلال سەبارەت بەوەی کە عیراق نابێتە دەوڵەتێکی جێی دڵخوازی هاوولاتییەکانی ئەگەر ئەم پرسە جەوهەرییەی بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و سنوری کوردستانی باشور، نەخرێتە سەر شەمەندۆفێری راستەقینەی خۆی وەك ئەوەی مورافەعەکە دەستنیشانی کردووە.

ئێستاش هەر ئەو مورافەعەیە دەوای دەردی وڵاتە ئەگەر هاوبەشەکانی کورد گەرەکیانە چارەسەری کێشەی کەرکوك بکەن و دەخوازن وەفاداری کەلتورەکەی مام جەلال بن کە سەرکۆماری پێکەوە ژیان و پێسەلماندن و دەستور بوو.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٥/٢/١٠).

## موساوات [المساواة] (ڕۆژنامە ـ گۆڤار)




ڕۆژنامەیەکە مەڵبەندی ڕێکخستنی موسل بە زمانی عەرەبی دەری کردووە. ژمارە سفری ئەم ڕۆژنامەیە لە ١١ی شوباتی ٢٠١٣ دەرچووەو ژمارە یەك لە ٢٦ی شوباتی هەمان ساڵ. ژمارە بەراییەکانی ئەم ڕۆژنامەیە هەفتانە دەرچونو هەر لە سەرەتاوە وا دانرابوو کە دەرچونی ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی هەفتانە هەنگاوێکی کاتییەو پاش ئەوەی کە پێداویستییەکانی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەتەواوی دابین دەکرێن، دەست بەدەرکردنی وەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەکرێ.

عارف روشدی خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیە، سەرنوسەر خەیری شنگالییە، بەڕیوەبەری نوسین سالم تەیبە. سکرتێری نوسینی ژمارە یەك روید عەلییە بەڵام لە ژمارەکانی تردا محەمەد ئەحمەد جێی گرتۆتەوە. ژمارە یەك ٨ لاپەڕەی قەوارە تابلۆیدە، لە چاپخانەی ئینتیسار لە شاری موسل چاپ کراوە. هەردوو لاپەڕەی ١و ٨ ڕەنگاوڕەنگنو لاپەڕەکانی ناوەوە ڕەشو سپین.

ئەوانەی بابەتیان لە ژمارە یەك بڵاو کردۆتەوە بریتین لە خەیری شنگالی، عارف روشدی، عیدۆ بابا شێخ، محەمەد ئەحمەد، سەلاح مەندەلاوی، زینە دۆسکی، روید عەلی، دکتۆر عوسمان ڕەواندزی، قاسم محەمەد عەلی، موئەیەد عەممار تالب و سالم تەیب.

بابەتە بڵاوکراوەکان بەسەر سەروتارو شیکردنەوەی سیاسی، هەواڵی چالاکییەکانی مەڵبەندی ڕێکخستنی موسل، هەواڵی سیاسیو هونەریو وەرزشی، ڕیپورتاژی کورتو خوێندنەوەی کتێبدا دابەش کراون. ژمارەکە دوو گۆشەی کورتیشی بە ناوی «نیو ستون» و «مەرەکەبی سپی» لەخۆ گرتووە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣دا ڕۆژنامەکە کرایە گۆڤارێکی وەرزیی گشتیو یەکەم ژمارە لە پایزی ئەو ساڵەدا بەقەبارەیەکی نەختێك گەورەتر لە نیو فولسکاب و لەدوتوێی ٨٠ لاپەڕەدا دەرچوو. لێپرسراوەتییەکانی گۆڤارەکە هەمان لێپرسراوەتییەکانی ڕۆژنامەکەن، لێپرسراوەتیی بەڕێوەبەری نوسینی لێ دەرچێ کە تێیدا غەسان سالم جێی سالم تەیبی گرتۆتەوە.

ئامانجی موساوات چ وەك ڕۆژنامەو چ وەك گۆڤار بڵاوکردنەوەی گیانی تەباییو پێکەوە ژیان بوو لە نێوان پێکهاتەکانی پارێزگای موسل. ئەم ئامانجە هەر لە سەرەتاوە بەشێکی گرنگی گوتاری سیاسیی گرتۆتەوە، سەرباری ئەوەی کە بە بەردەوامی هەوڵی داوە گوزارشت لە تێڕوانینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە مەسەلە گشتییەکاندا بکات.

## موسڵ (ئۆپەراسیۆنی راکردن لە زیندان)

هەوڵی راکردنی ئەندامە گیراوەکانی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە بەندیخانەی موسل لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١. نەخشەی پلانی راکردن لە لایەن پێنج گیراوەوە دانراوە کە ئەمانەن: جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە، تەحسین رەحمان فەرحان، جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی، عومەر میرزا شامورادو بەرزان عومەر عەلی.

لەم پێنج کەسە جەمیل ئەحمەد مەحمود ئەندامی کۆمیتەی راپەڕینی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو بەرپرسی هێڵێکی رێکخستنی هەولێرو تەحسین رەحمان فەرحان کادیری کۆمیتەی راپەڕین بون، لەگەڵ پێنج هاوڕێی تردا، دوای بردنی رۆنیۆو تایپێك لە بارەگای ئەمینداریتیی گشتیی خوێندنو خوێندنی باڵای شاری هەولێر گیرا بون. لەوانە جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمەو تەحسین رەحمان فەرحان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، ئەوانی تر، یەکێکیان کە یوسف عومەر حەکیمە بە هۆی ئەشکەنجەی دڕندانەوە لەدەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك گیانی لە دەست دا و چوار ئەندامەکەی تر سزای زیندانی کردنیان بۆ دەرچوو.

جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی خەڵکی گوندی شەدەڵەی دۆڵی مێرگەپانە، پێشمەرگەی هەرێمی دوو بووە، لە شەڕێکدا لەگوندی کلێسەی دەشتی کۆیە، خۆیو برایم مەحمود محەمەد باخ ناسراو بە دکتۆر رێباز لە لایەن سوپا و جاشەکانەوە دەستگیر کرابون. هەردوکیان لە یەکی حوزەیرانی ١٩٨٠دا لەدەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو بوو.

عومەر میرزا شاموراد ناسراو بە نەبەز، لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٩ی شاری سلێمانییە، پێشمەرگە بوو لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ. لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٨٠دا لە شەڕێکدا لە نێوان هەردوو گوندی جێشانەو دارۆغای ناحیەی بەکرەجۆ، بە برینداری لە لایەن هێزێکی سوپا و جاشەکانەوە دەستگیر کرابوو. لە١٧ی ئازاری ١٩٨١دا لە دەستەی لێکۆڵینەوەی



تایبەتی کەرکوك بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو و بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە بۆ بەندیخانەی موسل نێردرابوو.

بەرزان عومەر عەلی خەڵکی سلێمانی و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، ساڵی ١٩٨٠ بەدیل گیرابوو و لەدەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو و بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە رەوانەی بەندیخانەی موسل کرابوو.

بەهەوڵ و تەقەللای دانەرانی نەخشەکەو بەیارمەتیی دوو یاساوڵی ئێزدی بە ناوی فازل یوسف ئەلیاس و مەردان یوسف ئەلیاس کە لە بەندیخانەی موسل کاریان دەکرد، گیراوەکان هەندێ کەرەستەی گرنگیان بۆ راکردن چنگ کەوت لەوانە مشاری ئاسنبڕ، گوریس و چەقۆ.

پلانی راکردنەکە نزیکەی چوار مانگی خایاندووە کە تێیدا گیراوەکان بەشەو، لە کاتی ئێشکگریی هەردوو برا ئێزدییەکەدا، بە شێنەیی و لەسەرخۆ، دەستیان بە بڕینی شیشی ئاسنینی دوو ژوری زیندانەکەو دەرگای ڕێڕەوەکە کردووە. دواتریش، بۆ شاردنەوەی شوێنی بڕینەکە، بە سابونی رەقی شوێنە بڕدراوەکانیان پڕ کردۆتەوە.

لە کاتێکدا کە پلانەکە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچوو، ١٣ ئەندامی رێکخستنەکانی تەیناڵ و گۆپاڵەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کەتازە فەرمانی لەسێدارەدانیان لە کەرکوك بۆ دەرچوو بوو، خرانە هەمان ئەو ژورانەی کە پلانەکەی تێدا بەڕێوە دەچوو. زۆربەی خەڵکی ئەم دوو ئۆردوگایە لە ڕاگوێزراوەکانی بناری چیای بەمۆی ناوچەی خانەقین بون. لەم ١٣ کەسە دە کەسیان بەشدار بون لە جێبەجێ کردنی پلانی راکردنەکەدا.

سێ لە پێنج دانەرەکەی نەخشەکە فریای راکردن نەکەوتن چونکە پێش ئەوەی پلانەکە بگاتە قۆناغی راکردن، کاتی لەناوبردنیان هات و لە مانگی ئایاردا یەك لەدوای یەك دەست بەجێبەجێ کردنی بڕیاری لەناوبردنیان کرا. لە ٢١ی ئایاردا جەمیل ئەحمەد مەحمود حەمە لەسێدارە درا، لە ٢٦ی ئایاردا تەحسین رەحمان فەرحان و جەلال ئەحمەد محەمەد سورداشی گوللەباران کران، لە٢٧ی ئایاردا عومەر میرزا شاموراد و چوار زیندانیی دیکە لەسێدارە دران. لەم سۆنگەیەوە، بەردەوامبون لەسەر جێبەجێ کردنی پلانەکە بۆ بەرزان عومەر عەلی و ئەندامە گیراوەکانی رێکخستنەکانی هەردوو ئۆردوگاکەی تەیناڵ و گۆپاڵە مایەوە کەبەبێ کۆڵدان درێژەیان بەپلانەکە دا و گەیاندییانە ئەو رادەیەی کە زیندان بشکێنن.

لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٨١دا پاش نیوەشەو بەکەمتر لە نیو سەعات، گیراوەکان زیندانیان شکاندو رایانکرد. بەڵام هەوڵی راکردنەکە بەئامانجی خوازراو نەگەیشت چونکە هەر ئەو رۆژە هێزێکی زۆری سوپاو پۆلیس و میلیشیاکانی جەیشی شەعبی ناوچەکەیان تەنییەوەو رژانە ناو شاری موسل و دەوروبەری و کەوتنە پشکنینی گەڕەك و ڕێوبانەکان، هەموو بازگەکان باری نائاساییان تێدا راگەیەنرا و تەواوی دەروازە سنورییە نێودەوڵەتییەکانی ناوچەکە داخران. بەهۆی ئەمەوە، راکردووەکان لەکات و شوێنی جیاواز هەمویان دەستگیر کرانەوەو راپێچی بەندیخانە کرانەوە. بەشێکی راکردووەکان لە دەوروبەری شاری موسل دەستگیر کرانەوەو بەشێکی دیکەیان لەوانە فازل و مەردان یوسف ئەلیاس، بەرزان عومەر عەلی، بابان ئەحمەد محەمەد عەبدولڕەحمان، جەبار ئەحمەد زەریفەو عەدنان سابیر لە دەوروبەری شارۆچکەی رەبیعە لە نزیك سنوری عیراق- سوریا لە بەرەبەیانی رۆژی ٥ی حوزەیراندا دەستگیر کرانەوە.

دوای دەستگیر کردنەوەی راکردووەکان، دیدەنیی

کەسوکاریان لێ قەدەغە کرا. هەموو راکردووەکان کە ژمارەیان نزیکەی چل کەس دەبێ، لە کاتی جیاوازدا بڕیاری لەسێدارەدانیان جێبەجێ کرا. لە ١٦ی ئابی ١٩٨١ بەرزان عومەر عەلی لە سێدارە درا و لە ٢ی کانونی یەکەمی ١٩٨١ دە ئەندامی رێکخستنەکانی ئۆردوگاکانی تەیناڵو گۆپاڵە بڕیاری خنکاندنیان جێبەجێ کرا، ئەمەش ناوەکانیانە: ئەمین حسێن حەسەن، ئیحسان محەمەد ساڵح ئەحمەد بەگ، بابان ئەحمەد محەمەد عەبدولڕەحمان، جەبار ئەحمەد زەریفە، سەباح مەجید سەعید، عەدنان سابیر خدر، عەبدولسەمەد محەمەد ئەمین چەمچەماڵی، محەمەد عەلی محەمەد مستەفا، مەحمود رەشید مەجیدو موحسین ئەحمەد عەبدولرەحمان.

لە دوو یاساوڵەکە کە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە دیزاین کردنی ئۆپەراسیۆنی راکردنەکەدا هەبوو، یەکێکیان کە مەردانە لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢، بەپێی بڕیاری ژمارە ١٤٦ی رێکەوتی ١١ی ئازاری ١٩٨٢ لە موسڵ لە سێدارە درا و تا ئێستا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە، ئەوی تر کەفازلە بە ٢٠ ساڵ زیندانی حوکم درا و پاشان لە ٢١ی ئایاری ساڵی ١٩٨٦دا بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

هەوڵی شکاندنی بەندیخانەی موسل بە یەکێ لە ڕوداوە دەگمەکانی مێژوی سیاسیی کورد دەژمێردرێ کە تێیدا بەشداربووەکانی پلانەکە بوێرییەکی بێوێنەو دلاوەرییەکی بەدەگمەن و بێباکییەکی لەئەندازە بەدەریان نیشان داوە. شێوازی بەڕێوەچونی پلانەکە دەری دەخا کە بەشداربووەکان ئاستێکی بەرزی کارزانیو دەستڕەنگینییان لە نەخشەدانانەدا هەبوە، لە جێبەجێ کردندا پشوودرێژو وردبینو بیرتیژو لەپاراستنی نهێنیی پلانەکەدا وریاو زرنگ بون. وەك شێوەی بەڕێوەچونی پلانەکە نیشانی داوە، هەماهەنگییەکی کارا لە نێوان سێ توخمە سەرەکییەکەی پلانەکەدا هەبووە کە بریتین لە دانانی پلان (دانەرەکان)و فاکتەری یاریدەدەر (یاساوڵەکان)و جێبەجێ کردن (گیراوەکان). لە ڕوی تەکنیکییەوە پلانەکە بە سەرکەوتوو دادەندرێ بەڵام دوایین قۆناغی پلانەکە کەقۆناغی دەرچونە لە سنوری دەسەڵاتی دوژمن و بەگرنگترین و هەستیارترین قۆناغی پلانەکە دادەندرێ، لەبەر چەردەیەك هۆی کۆنترۆڵنەکراو، ئامانجی خوازراوی بەدەست نەهێنا چونکە بەپێی پلانەکە دەبوایە چەند کەسێك لە خزم و کەسوکاری گیراوەکان لە شەوی شکاندنی زیندانەکەدا، لەنیوەشەو بەدواوە ئوتومبیل ئامادە بکەنو لە دەوروبەری بەندیخانەکەدا لە ئامادەباشیدا بنو لەسەر جادە چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی گیراوەکان بن لەدەرگای سەر جادەی بەندیخانەکەو یەکسەر هەڵیانگرنو بیانبەن بۆ هەندێ شوێنی وەك بەردەڕەشو ئاکرێ تا زیندانییەکان لەوێوە بەپێ روو بکەنە دەشتی هەریرو خۆشناوەتیو دۆڵی وەرتێ یان هەر ناوچەیەك کە پێشمەرگەی لێ بێ. بەڵام کە ئەمە نەکرا، هەموو راکردووەکان لە شوێنو کاتی جیاوازدا دەستگیر کرانەوەو ئۆپەراسیۆنەکە شکستی خوارد.

## موشیر حەمە غەریب ئەمین



پێشمەرگەو کادیری پێشکەوتوو و دیپلۆماتکار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی گەڕەکی قەڵاتی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لەکۆیە تەواو کردووە، ئامادەیی لە گەڵاڵە خوێندووەو لە هەولێر بەشداریی لە تاقیکردنەوەی

بەکالۆریادا کردووە. دواتر لە پەیمانگای پزیشکیی هەولێر خوێندویەتی‌و لە ساڵی ١٩٧٣دا بڕوانامەی دبلۆمی بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٦٧ بۆتە پێشمەرگە. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٦٩دا دوو خولی برینپێچیی لە چۆمان دیوە، یەکێکیان لە قەسر و ماکۆس‌و ئەوی تر لە ناوپردان. هەروەها لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا ئەندامی دوو کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوە، یەکێکیان کۆنگرەی حەوتەمە کە ساڵی ١٩٦٦ لەگەلاڵە بەستراوەو ئەو تێیدا یەکێ لە چوار نوێنەرەکەی لقی دوو و بچوکترین ئەندامی کۆنگرە بوە، ئەوی تر کۆنگرەی هەشتەمە لە ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان. تا ساڵی ١٩٧٥ پێشمەرگە بووە. لەو ماوەیەدا سەرباری ئەوەی کەوەك برینپێچ کاری کردووە، بەشداریی لە چەند شەڕێکیشدا کردووە لەوانە شەڕەکانی ماکۆك‌و سەرتیز لە ساڵی ١٩٧٤.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە ئێران بەشداریی ئەو کۆبونەوانەی کردووە کە کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی بۆ تاوتوێ کردنی هەلومەرجی پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە نەغەدەو مەهابادو ورمێ ئەنجامیان داوە.

ئەم قۆناغەی ژیانی بەئاوارەیی لە ئێران، لە کرمان و شیراز، بەسەر بردووەو سەرەڕای دوریی، لە بزوتنەوەی کوردایەتی دانەبڕاوە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردو ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی کوردە پەنابەرەکانی ئێرانی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٧٨دا کرایە کارگێڕی لقی ٣ی یەکێتیی نیشتمانی.

ساڵی ١٩٧٩، دوا بەدوای روخانی رژێمی شای ئێران، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو کرایە رابەری سیاسیی هەرێمی ١٤. لەو ماوەیەدا هەندێ ئەرکی دپلۆماتکارانەی لە ئێران پێ سپێردراوەو ئەوو دلێر سەید مەجید چەندین پەیامی تاڵەبانییان بە پێشەوا تازەکانی ئێران گەیاندووە.

لە کاتی جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی نیشتمانی، لەگەڵ باڵی یەکێتیی نیشتمانی مایەوە. ساڵی ١٩٨١ کرایە لێپرسراوی ناوچەی باڵەك و ڕەواندزی یەکێتیی نیشتمانی. ساڵی دواتر پشتگیریی پڕۆژەی یەکگرتنی هێڵی گشتی‌و بزوتنەوەی سۆسیالیست و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی کرد. لە ساڵی ١٩٨٣دا بەشدار بوو لەکۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەگوندی خەتێی ناوچەی خۆشناوەتی. پاش کۆنفرەنسەکە لێپرسراوەتیی ناوچەی باڵەك‌و ڕەواندزی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر بەشداریی لە کۆنفرەنسی دووەمدا کردو دواتریش کرایە کارگێڕی لقی یەکی رانیەو قەڵادزێی یەکێتیی شۆڕشگێڕان.

ساڵی ١٩٨٦ دوای کردنەوەی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی لەکرماشان، ئەو و هۆشمەند عەبدولکەریم بۆ رایی کردنی کاروباری پێشمەرگە نەخۆش‌و بریندارەکان کاریان تێدا کرد. ساڵی ١٩٨٩ بەشدار بوو لە پلینۆمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە ناوزەنگ.

ساڵی ١٩٩٠ ئێرانی بەجێ هێشت و لە سوید گیرسایەوەو لەوێدا لە ساڵی ١٩٩٨دا بووە ئەندامی کۆمیتەی سوید.

پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٠دا کراوەتە کارگێڕ لە مەکتەبی کۆمەڵایەتی‌و لە ساڵی ٢٠١١دا لێپرسراوەتیی جێگری مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیەی گرتۆتە ئەستۆ.

## موعین مستەفا عەولا عەزیز



کادیری ڕێکخستن‌و پێشمەرگە. ناسراو بە شاهۆ. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٧ی گوندی فەقیانی سەر بەقەزای ڕەواندز. خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢دا، دوا بەدوای ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە چالاکییەکی لە ناو شاری ڕەواندزدا ئەنجام دا، لە ڕەشبگیرێکدا کە دەزگا ئەمنییەکانی عیراق لە ڕەواندز ئەنجامیان دا، لەگەڵ دەیان هاوولاتیی دیکەدا دەستگیر کرا و تا کۆتایی ساڵی پاشتر بەدەستگیرکراوی مایەوە. شەش مانگ پاش ئازادکردنی، لە ساڵی ١٩٨٤دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە تیپی ١٢ی سۆران ڕێك خرا.

ساڵی ١٩٨٥ لێپرسراوەتیی ئیدارەی تیپەکەی پێ سپێردرا و لە هەمان کاتدا کرایە ڕابەری سیاسیی کەرتی چوار. ساڵی ١٩٨٧ لە پاڵ بەردەوامبونی لەکارەکەیدا وەك ڕابەری سیاسی، لێپرساوەتیی پۆلی ڕێکخستنی جەماوەری گوندەکانی ئاکۆیان‌و بنمێردەو فەقیانیشی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بوو و لە ساڵی ١٩٨٩دا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی لە تیپی ١٩ی کۆڕەك لە دۆڵەکۆگە گرتە ئەستۆ. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاوی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی دۆڵی ئاکۆیان (١٩٨٥)، دۆڵی خانەقا (١٩٨٦)، قەیوان-ماوەت (١٩٨٦) و داستانی ڕزگاری‌و گرتنی تەقتەق (١٩٨٧)و شەڕەکانی چەکوچ‌و سادر (١٩٨٩).

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا بەشدارییەکی کارای لەپێشڕەویی هێزی پێشمەرگەدا کرد. دوای ڕاپەڕین، لەدەزگای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی کاری کردو لێپرسراوەتیی کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕەواندزیشی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٩٣دا کرایە ئەندامی کۆمیتەی باڵای ڕێکخستنی پێشمەرگەی پارێزگای هەولێر.

ساڵی ١٩٩٨ بووە ڕابەری سیاسیی فەرماندەیی یەکی سۆران. ساڵی ١٩٩٩ خوێندنی لە کۆلیجی ئەفسەرانی قەڵاچوالان تەواو کردو هەمان ساڵ لێپرساوەتیی کۆمیتەی ڕێکخستنی فەرماندەییەکانی سۆران‌و ڕاپەڕین‌و باڵەك‌و بالیسانی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ٢٠٠٥دا بووە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەو لە ساڵی ٢٠١١دا لێپرساوەتیی جێگری لێپرسراوی مەڵبەندەکەی پێ سپێردرا.

## مەجید حسێن مورسیل زەمان



ئەندامی دێرینی سەرکردایەتی. ناسراو بەسەید مەجیدو خاڵە سەید مەجید. لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٠ی گوندی گردعازەبانی دەشتی هەولێر. لە خێزانێکی ئاینپەروەرو ناسراوی ناوچەکەیە. ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٥٣ دەست پێدەکا، کاتێك لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. هەر لەو ساڵەشدا ڕوی کردۆتە

هەولێرو خەریکی دابین کردنی بژێوی خێزانەکەی بووە. لەو ماوەیەدا لە کاروباری حزبایەتیدا زۆرتر لە ناو جوتیاراندا کاری کردووە. لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٠ لە هەولێر لێپرساوەتیی کارگێڕی لقی ٢ی پارتیی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٦٠، لە ڕەوتی تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوان پارتیو حکومەتی عەبدولکەریم قاسمدا، لەگەڵ شەمسەددین موفتی بڕیاری گرتنیان لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ دەرچوو بەڵام خۆیان بەدەستەوە نەدا و لە ناوچەی باڵەکایەتی خۆیان شاردەوە. کاتێك پارتی بڕیاری دا جڵەوی سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوە چەکدارییەکەی ساڵی ١٩٦١ بگرێتە دەست، پشتگیریی کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٦٣ دوا بەدوای هاتنە سەر کاری بەعسییەکان بۆ سەر کار، خانووەکەی لەگەڕەکی کورانی هەولێر لەگەڵ زەوی تەخت کرا.

ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ کەرتبونی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسی کرد.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو. لەو ماوەیەدا کە لە ئێران بوو، بەشداریی لەو کۆبونەوانەی بەرپرسانو کادیرەکانی پارتیدا کرد کە لە ورمێ بەسترانو ئامانجەکەیان تاوتوێ کردنی رەوشی کوردستان بوو پاش هەرەس هێنانی شۆڕش. هەر ئەو ساڵە، گەڕایەوە بۆ عیراق. لەو قۆناغەدا پەیوەندیی لەگەڵ هەر یەک لە تاڵەبانی لە سوریاو عەلی عەسکەری لە باشوری عیراق دروست کرد.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە. لەو ماوەیەدا، وەك ئەرکێکی نەتەوەیی، رەوانەی کوردستانی رۆژهەڵات کرا و لەوێ خزمەتی لۆجستیکیی پێشکەش بە پێشمەرگەکانی کوردستانی ئێران کردو بەشداریی لە شەڕەکانیشدا کرد.

پاش گەڕانەوەی، کرایە فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٨٠ کرایە ئەندامی مەکتەبی عەسکەریو هەر ئەو ساڵە لە هێرشی فڕۆکەکانی عیراق بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتی لە توژەڵە، بە سەختی بریندار بوو.

ساڵی ١٩٨١، دوا بەدوای پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر، لەسەر لیستی هێڵی گشتی کرایە ئەندامی کۆمیتەکەو لێپرساوەتیی بەشی کاروباری پێشمەرگەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بوو لەو کۆبونەوەو وتووێژانەی کەیەکگرتنەوەی هێڵی گشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان لە چوارچێوەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا لێ کەوتەوە. لەم سەروبەندەدا بووە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

پاش پێکهێنانی مەڵبەندەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢، لێپرساوەتیی مەڵبەندی ٣ی گرتە ئەستۆو بەم پێیە بووە یەکەم لێپرساوی مەڵبەندەکە. بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی فشاری نەخۆشییەوە دەستی لەهەموو لێپرساوەتییەکانی کێشایەوەو تا ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچە رزگارکراوەکان مایەوە.

ساڵی ١٩٨٨ بە هۆی شاڵاوی ئەنفالەکانەوە ئاوارەی ئێران بوو. ماوەیەك لە ئێران مایەوەو پاشان چوو بۆ سوید. ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ کوردستانو لە هەولێر گیرسایەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر.

## مەجید عەلی سۆفی



فەرماندە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی گوندی شاناخسێی ناوچەی شاربـاژێـڕ. تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە. لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. لە ساڵی ١٩٧٢ دا بووە پێشمەرگەو تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو لەسەر پێشمەرگایەتی. لە ماوەی نێوان ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ دا دوا پلەی پێشمەرگایەتیی جێگری فەرماندەی پەل بووە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٧٦ دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. هەر لەو ساڵەدا بەگومانی پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانەوە، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ ماوەی ١٤ مانگ دەستگیر کرا. ساڵی ١٩٧٧ پاش ئەوەی هیچی لەسەر ساغ نەبۆوەو هیچیشی نەدرکاند، ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو پلەی فەرماندەی مەفرەزەی لەکەرتی دوی پاراستنی بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی لە توژەڵە پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٢ گوێزرایەوە بۆ تیپی ٣٧ی شاربازێڕو لەوێ بووە جێگری فەرماندەی کەرت و پاش دوو ساڵ بووە فەرماندەی کەرت لە هەمان تیپ. ساڵی ١٩٨٨ گوێزرایەوە بۆ بارەگای مەکتەبی عەسکەری و کرایە جێگری فەرماندەی تیپ. لە ساڵی ١٩٩١ بووە جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی ٢٠١ی سلێمانی. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چوار جار بریندار بووە. ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەفسەر لە لیوای سلێمانیی سوپای یەکگرتوی کوردستانو لە ساڵی ١٩٩٤ دا بووە جێگری فەرماندەی لیوای سلێمانی. ساڵی ١٩٩٥ لە شەڕی ناوخۆدا فەرماندەیی قۆڵی ماوەتی لەشکری شارباژێڕ ـ پێنجوێنی پێ سپێردرا. لە ساڵی ١٩٩٧ دا بووە فەرماندەی لەشکری شارباژێڕ. ساڵی ١٩٩٨ وازی لە کاروباری عەسکەری هێناو کرایە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی. لە١٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ بەڕوداوی ئوتومبیل کۆچی دوایی کرد.

## مەحمود حاجی ساڵح



کادیری دێرین و پێشکەوتووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ناوی تەواوی مەحمود ساڵح حەمە کەریم. لە دایکبوی ساڵی ١٩٦٢ ئاوایی گێڵەکی سەر بە ناحیەی خورماڵ لە پارێزگای هەڵەبجە. خوێندنی سەرەتایی لە ئاوایی شیرەمەڕو ناوەندیی لە ناحیەی خورماڵ تەواو کردووەو پاشان لە سەید سادق خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٧٦ دەست پێ دەکا، کاتێك پەیوەندیی بە ڕێکخستە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە شانەیەکی چوار کەسیدا لەگەڵ هەر یەك لە ئەحمەد قەدفەری، حەمە سابیر قاینجەیی و محەمەد ڕۆستەم ڕێك خراوە. سنوری کارو چالاکیی شانەکە قەزای سەید

سادق و دەوروبەری گرتۆتەوە. شانەکە زۆر بەجوڵە و چوست و چالاك بوو، بە تایبەتی لە ناو خوێندکاران و کاسبکاران و جوتیاران و توانی تەونێکی ڕێکخراوەیی بەهێز لە ناوچەکەدا دروست بکا.

ساڵی ١٩٧٩ ئەندامانی شانەکە کەوتنە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکان. لە کانونی یەکەمدا سێ ئەندامی شانەکە، هەر یەك لە ئەحمەد قەدفەری و حەمە سابیر قاینجەیی و محەمەد ڕۆستەم، لە کاتێکدا کە بۆ کاری ڕێکخستن دەچون بۆ لای رەئوف خەلیفە سەعید کادیری سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەو فەرماندەی کەرتی ٤ ی هەرێمی ١ ی هەورامان، لە نێوان دێی قەدفەری و دێی قوڵخورد کەوتنە بۆسەی جاشەکان، یەکێکیان دەستگیر کرا، دووانیان دەرباز بون و دواتر پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لەم سەروبەندەدا مەحمود حاجی ساڵح کە لەو کاتەدا لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بوو، ماوەیەك لە دێهاتەکانی تەپە زێڕینە، گردی قازی و چەمی زەڵم خۆی شاردەوەو لە ئازاردا لە بارەگای کەرتی ٤ی هەرێمی ١ی هەورامان لە ئاوایی محەمەدەی ناوچەی مەریوان پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

لە کۆتایی ئەو ساڵەدا لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە کۆچی دوایی ئەحمەدی برا گەورەی بە ڕوداوێکی دڵتەزێن و پێویستیی ڕێکخستنەکان بە کادیری ڕێکخراوەیی کارامەو هەروەها بۆ تەواوکردنی خوێندنی، بڕیار درا بگەڕێتەوە ناو شارو لەوێ سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکە ڕێکخراوەییە پێسپێردراوەکانی بێت.

هەفتەیەك پاش گەڕانەوەی، سەیفەددین هاواری، یەکێ لە کادیرەکانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە لە سنوری شارەزورو هەڵەبجە، پەیوەندیی پێوە کردو کلێشەی ڕێکخستنەکانی شانەی سەرەکیی شەهید دکتۆر رەزای پێدا بۆ ئەوەی دەست بە سەرپەرشتی کردنی بکات.

لەو ماوەیەدا خوێندنی ناوەندی و دواتر بەشی کارەبای ئامادەیی پیشەسازیی تەواو کرد، لە بواری کاری ڕێکخراوەییشدا گەشەیەکی زۆری بە ڕێکخستنەکان دا.

ساڵی ١٩٨١، وەك ئەندامی پۆلی جەماوەریی هەورامان لە کەرتی ڕێکخستنی شەهید وەستا ئەنوەر، دواتر لە کەرتی ڕێکخستنی هەڵەبجە کە هەڵۆ ئەحمەد کوردە لێپرسراوی بوو درێژەی بە کارە ڕێکخراوەییەکانی دا. ساڵی ١٩٨٣بەشداریی لە کۆنفرەنسی ناوچەیی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد لە دۆڵ پەموو.

ساڵی ١٩٨٦ لە سنوری کەرتی ڕێکخستنی هەڵەبجە کاری کردو بووە لێپرسراوی شانەی سەرەکیی شەهید نامیق ناوگردانی. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧دا لە پۆلی شارەزوری کەرتی سەرکەوتی سەر بە ڕێکخراوی سلێمانی کاری کرد. لەو کاتەدا جەبار حاجی رەشید لێپرسراوی ڕێکخراوی سلێمانی بوو.

ساڵی ١٩٨٨ کاتێك سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فەرمانی بە ڕێکخستنەکانی پارێزگای سلێمانی دا دەست بە پێکەوەنانی لەشکرێکی نهێنی بە ناوی سوپای رزگاریی کوردستان (سرك)، مەحمود حاجی ساڵح لە سنوری شارەزور بەشدار بوو لە پێکهێنانی تیپی ٣ ی تایبەتی شارەزورو پلەی جێگری یەکەمی فەرماندەی تیپەکەی پێ درا.

تیپەکە لە ٢٩ پێشمەرگەی ناوشار پێکهاتبوو کە بەسەر ٣ مەفرەزەدا دابەش کرا بون. دواتریش لە قۆناغی ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ڕۆڵێکی دیاری لە دروست کردنی مەفرەزە چەکدارەکانی شاڵاودا گێڕا. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا هەماهەنگییەکی تۆکمەی لەگەڵ پارتیزانەکان و هێزی پێشمەرگە دروست کردو بەشدارییەکی کاراشی

له راپەڕیندا کرد.


ساڵی ١٩٩١، پاش راپەڕین، بووە کارگێڕی کۆمیتەی رێکخستنی شارەزورو لێپرسراوی بەشی رێکخستن لە سنوری هەڵەبجە، پێنجوێن، سەید سادق، عەربەت، دەربەندیخان و قەرەداغ.

ساڵی ١٩٩٢ دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە ئەفسەری ئاسایش لە سنوری هەڵەبجە. ساڵی ١٩٩٤ پاش دامەزراندنی مەڵبەندی رێکخستنی شارەزور کرایە ئەندامی مەڵبەند. ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی کۆمیتەی رێکخستنی تانجەرۆی گرتە ئەستۆ. لە ئابی هەمان ساڵدا لە هەڵبژاردنی مەڵبەندی شارەزوردا زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا و بووە کارگێڕی مەڵبەندو لەم سەروبەندەدا لێپرسراوەتیی بەشی رێکخستنی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٣ بۆ بواری پەیوەندییە گشتییەکان گوێزرایەوەو بووە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانییەکان. ساڵی ٢٠٠٥ کرایە جێگری لێپرسراوی مەکتەب. ساڵی ٢٠٠٧ خوێندنی زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٩ بووە لێپرسراوی مەکتەبەکە.

ساڵی ٢٠١٤ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتە ئەستۆ. لە ماوەی وەزیرییدا کارێکی زۆری بۆ بە جینۆساید ناساندنی مەینەتیی ساڵی ١٩٨٨ی شاڵاوی ئەنفالەکان و بەجینۆساید ناساندنی کەیسی کوردانی ئێزدی کردو پرۆگرامێکی چڕوپڕی بۆ دیکۆمێنت کردنی پرۆسەکانی جینۆسایدو کۆکردنەوەی بەڵگە بۆ شەرمەزارکردنی تاوانەکانی داعش دانا، سەرباری دابین کردنی موچەو زەوی بۆ کەسوکاری شەهیدان و ڕێکخستنەوەی کاروباری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە شێوەیەکی مۆدێرن.

## مەحمود حاجی فەرەج کۆکۆیی*



فەرماندە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی گوندی کۆکۆیی سەرچاوگ لە ناوچەی هەڵەبجە. ساڵی ١٩٦٣ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردوە، بەڵام لەبەر هەلومەرجی نائارامی ئەو سەردەمەو ئاوارەبوونی بنەماڵەکەی، نەیتوانیوە درێژە بەخوێندنی قۆناغەکانی تر بدا. لەو ماوەیەدا بەشێکی گرنگی قۆناغی مێردمنداڵی و هەرزەکاریی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بەسەر بردوە.

ساڵی ١٩٧٤ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عێراق، کرایە سەرپەل لەلقێکی سەر بە بەتالیۆنی ٥ی هێزی زمناکۆ. لەو ماوەیەی سەرپەل بوو، رۆڵێکی دیاری لە سنوری چالاکیی هێزەکەدا بینی، بەتایبەتی لە شەڕەکانی زمناکۆو زنجیرە چیای حەسەن بەگ و زۆزك.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ هەڵەبجەو دواتر، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لەم رووەوە رۆڵێکی گەورەی لە دابین کردنی پێداویستییە لۆجستیکییەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی ناوچەی شارەزوور نواند. ساڵی ١٩٧٧ بەتۆمەتی هاوکاری کردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان دەستگیر کرا و لەئەمنی سلێمانی بۆ ماوەی چەند مانگێك خرایە ژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانەوە. دوای

ئەوەی کە هیچی لێ هەڵنەکڕدرا و هیچی ئاشکرا نەکرد، ئازاد کرا.

دوای ئازادکردنی، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەوە کردەوەو لە ساڵی ١٩٧٨دا چووە ریزی هێزی پێشمەرگەوە. هەر ئەو ساڵە، لەبەر لێوەشاوەیی، کرایە فەرماندەی مەفرەزەیەکی کەرتی یەکی هەرێمی ١ی هەورامان و لەم رووەوە هەڵسوڕانێکی پێشمەرگانەی دیاری لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور نواند. چالاکی و هەڵسوڕانی، پاڵی بەڕژێمی بەعسەوە نا تەنگ بە باوك و براکانی هەڵچنێ و بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی بیانگرێ و هەڕەشەیان لێ بکا.

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٩ بووە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی یەك. ساڵی ١٩٨٢ پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و دامەزراندنی تیپەکان، کرایە فەرماندەی تیپی ١٥ی شارەزوور. ساڵی ١٩٨٥ فەرمانی دامەزراندنی بە فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان دەرچوو، بەڵام ماوەیەکی کەم پاش دەرچونی فەرمانەکە، لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشدا لەگەڵ تیپەکانی ١٢ی سۆران و ٥٧ی سەگرمەو ٥٣ی شێروانە، لە کاتی هێرش کردنە سەر بارەگای فەوجی ئاکۆیان، کۆکۆیی لە ٢ی تەموزی ١٩٨٥دا شەهید بوو. پاشان لە گوندی سیرەی سەروو بە خاك سپێردرا و تەرمەکەی تا دوای راپەڕین هەر لەوێ مایەوە. لە ئایاری ساڵی ١٩٩٢دا تەرمەکەی گواسترایەوە بۆ هەڵەبجەو لە گۆڕستانی گولان بە خاك سپێردرا. شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس هەڵبەستێکی بۆ شەهیدبونی نوسیوە کە کاتی خۆی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندراوەتەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*ئاکۆیان (ئۆپەراسیۆن).

## مەحمود خۆشناو



راگەیاندنکارو پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی مەحمود سلێمان عەبدوڵڵا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی گەڕەکی بەستە پیازەی شاری هەولێر. لە خوێندنگەکانی شۆڕش و کۆماریی شاری هەولێر تا پۆلی دووی ناوەندیی خوێندووەو پۆلی سێی ناوەندیشی لە خوێندنگەی گەلاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٢ لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوپردان دامەزراوە و تا هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ لەوێ بووە. دوای ئەمە، ئاوارەی ئێران بووە و لە شارەکانی شنۆ، بێهشەر، وەرامین و مەهاباد ژیانی بەسەر بردووە.

لە ژیانی ئاوارەییدا وەك تایپیست لە شارەوانیی بێهشەر لە مازندەران و وەرامین کاری کردوە و لەپاڵ ئەم کارەش، بۆ بژێویی ژیان کاری خۆشنوسیی کردوە و لەم رووەوە هونەری نواندووە، بە ڕادەیەك کە ساڵی ١٩٧٨ مەدالیای یەکەمی خۆشنوسیی لە ئێران بەدەست هێنا.

پاش روخانی رژێمی شا لە شوباتی ساڵی ١٩٧٩و گەڕانەوەی حزبە بەرهەڵستکارە کوردەکان بۆ کوردستانی رۆژهەڵات، لە شاری مەهاباد لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك کادیری هونەری کاری کردو لەڕووی هونەرییەوە بەشدار بوو لە

دەرکردنی رۆژنامەکە بەهەردوو زمانی کوردی و فارسی.

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٠ ئێرانی بەجێ هێشت، پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو لە بارەگای لقی ٣ی یەکێتی لە زەڵێ بوو بە پێشمەرگە. لە ماوەی نێوان ١٩٨٠ - ١٩٨٣ وەك کادیرێکی هونەری لەدەزگای راگەیاندنی یەکێتی لەتوژەڵەو لە چاپخانەی برایم عەزۆو هەروەها لە دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کاری کرد، ماوەیەکیش لە سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتی خزمەتی کرد.

ساڵی ١٩٨٣ بە هاوکاریی دکتۆر خدر مەعسوم لە زەڵێ رۆژنامەی «کۆسار»ی بە ناوی بەشی راگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەرکرد کە لە ڕووی قەبارەوە بەگەورەترین رۆژنامەی سەردەمی شاخ دادەنرێ و جیاوازیی ئەم رۆژنامەیە لەگەڵ چاپەمەنییەکانی تری ئەو سەردەمەدا لەوە دایە کە بایەخی بە هەندێ بابەتی خۆش گوزەراندن و کات بەسەر بردن داوە وەك بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرو وشەی یەکتربڕ. جگە لە «کۆسار»، لە چاپەمەنییەکانی دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕاندا، هەموو ئەرکە هونەرییەکانی بڵاوکراوەی «رۆشنبیری» و رۆژنامەی «رزگاری»ی لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٥ لەڕووی دیزاین و خۆشنوسی و جوانکارییەوە گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٥ لەئۆفیسی نوێنەرایەتیی یەکێتی لەکرماشان لە ئێران کاری کرد.


ساڵی ١٩٨٩ رووی کردە ئەوروپاو لە سوید گیرسایەوە. لەوێ سەرقاڵی چەند خولێکی کۆمپیوتەر بوو، بۆ ماوەی ٣ ساڵیش خەریکی خوێندنی «میدیا پرۆفایل» بوو. لەو ماوەیەی کە لە سوید بوو، وەك یاریدەدەری مامۆستای کۆمپیوتەرو هەروەها لە بواری ریکلام و دیزاین و لۆگۆ تایپ کاری کرد.

ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و ساڵی ٢٠٠٤ ئەرکی دیزاین کردنی پاسپۆرتی جۆری A پێ سپێردرا کە بە زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە. هەر ئەو ساڵە کرایە ئەندامی ئەنجومەنی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر.

بابەتی پەیوەندیدار:


* رزگاری (گۆڤار).
* کۆسار (رۆژنامە).

## مەحمود سەنگاوی



پێشمەرگەی دێرینو ئەندامی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی حەمە غەریب ئەمین عەلی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢ی گوندی کۆیك لە ناوچەی سەنگاو. ریشەی کۆمەڵایەتیی دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی هەژاری جوتیارو لە ڕووی خێڵەکییەوە دەچێتەوە سەر هۆزی روغزایی جاف کە تیرەیەکی دیاری سنوری گەرمیانە.

بەهۆی هەژارییەوە بۆی نەلواوە لە خوێندنگە فێری خوێندەواری بێ بەڵام بە هەوڵو رەنجی خۆیو هاوکاریی هاوڕێ خوێندەوارەکانی، فێری خوێندەواری بووە. ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. بۆ ساڵی دواتر کرایە ئەندام، ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێمی عیراق، پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردو بوو بە پێشمەرگە، ساڵی دواتر پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆیو خەریکی کاری




کشتوکاڵو مەڕو ماڵات بوو.

ساڵی ١٩٧٦ لە فەرمانگەی کشتوکاڵی سەنگاو بە کرێکار دامـەزرا و هەر ئەو ساڵە ماڵی بۆ سەنگاو گواستەوەو لـەوێ نیشتەجێ بـوو. هـەر لـەو ساڵەشدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر پەرەپێدانی هۆشیاریی چینایەتیی بەجێ هێشت. هەمان ساڵ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە گەرمیان لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد.

لە پێشمەرگایەتیدا وردە وردە گەشەی کردو پلە بەپلە لێپرسراوەتیی وەرگرت. ساڵی ١٩٧٨ بووە جێگری فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی ٢ی هەرێمی ٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٧٩ بووە فەرماندەی مەفرەزەو لە ساڵی ١٩٨٠دا بووە جێگری فەرماندەی کەرتی ٥ی دوزو لە کۆتایی هەمان ساڵ، دوا بەدوای شەهیدبونی خالید گەرمیانیی فەرماندەی کەرتی ٥ی دوبز، لێپرسراوەتیی کەرتەکەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بوو لە شەڕەکانی هێزی پشتیوانی لە کوردستانی ئێرانو لە بەرەکانی ئالۆوتان و کونەمشك خۆیو هێزەکەی دلاوەرییەکی زۆریان نواندو هەر لەو شەڕانەشدا بریندار بوو. بۆ ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی تیپی ١٥ی هەورامان و لە ساڵی ١٩٨٥دا وەك فەرماندەی تیپ بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان گوێزرایەوە.

ساڵی ١٩٨٦ بەشداریی لە یەکێ لەگەورەترین چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد کە ئۆپەراسیۆنی لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی بابەگوڕگوڕو جەوەڵبۆرو چەمەبۆرە. ئەم ئۆپەراسیۆنە بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا بەڕێوە چوو و دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە سەرانسەری جیهاندا هەبوو. لەم ئۆپەراسیۆنەدا سەنگاوی لە قۆڵی گوندی تۆپخانەوە سەرپەرشتیی موشەکباران کردنی دامەزراوە نەوتییەکانی چەمەبۆری کرد. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، کرایە فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە.

ساڵی ١٩٨٨ بە هۆی دروست بوونی کێشەی تاکتیکی لە نێوان تیپەکەیو هێزی پاسدارانی ئێراندا، لە لێپرسراوێتیی تیپەکەی لابرا. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ ئێراندا بایەخێکی زۆری هەبوو، بەتایبەتی کە لەو ساڵەدا شەڕی عیراق - ئێران بەرەو یەکلایی بوونەوە دەچوو. سەرەڕای ئەوەی کە لێپرسراوەتیی لێ سەنرابۆوە، لەشاڵاوی ئەنفالەکاندا بەرپەرچی سوپای عیراقی دایەوەو بەشدارییەکی کاریگەری لە شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی یەکدا کرد. دواتر لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە سەر سنور. لە کۆتایی هەمان ساڵ بۆ ئەنجامدانی چالاکیی پارتیزانی گەڕایەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە هێزەکانی عیراق لە کاتی

شالاّوەکانی ئەنفالدا گرتبویان، بەڵام هێزەکەی کەوتە ناو کێڵگەی مینەوەو دوو پێشمەرگەی لێ بریندار بوو و لەم سۆنگەیەوە هێزەکە گەڕایەوە بنکەکانی خۆی لەسەر سنور.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٩ بۆ جاری دووەم وەك پێشمەرگەی پارتیزان گەڕایەوە بۆ ناوچەی گەرمیانو نزیکەی ساڵێك لەوێ مایەوە. لەئایاری ساڵی ١٩٩٠ ئەرکەکانی خۆی وەك پێشمەرگەی پارتیزان بەجێ هێناو گەڕایەوە بنکەکانی سەر سنور.

هەر لەو ساڵەدا پاش رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو دروست کردنی بەتالیۆنەکان، کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی یەك کە بارەگاکەی لەگوندی میری سوری ناوچەی مەریوان دانرا. لە تشرینی دووەمدا بارەگای بەتالیۆن بۆ پاوە گوێزرایەوە بۆ ئەوەی بەتالیۆن لە کاتی هەر پێشهاتێکدا بتوانێ زوتر بگاتە ناوچەی شارەزورو گەرمیان.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ڕۆڵێکی کارای لە ڕزگارکردنی قەڵەمڕەوێکی فراوانی ناوچەی گەرمیان گێڕا. پاش ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٨ی بیتوێن کە دواتر بارەگاکەی لە ڕانیە دانرا. ساڵی دواتر بووە فەرماندەی هێزی کەرکوك و دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو رێکخستنی کاروباری هێزی پێشمەرگە، ساڵی ١٩٩٣ کرایە جێگری فەرماندەی ناوچەی سلێمانی.

لە کاتی ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا، بەرگرییەکی سەختی لە دەوروبەری هەولێرو کۆیەو دوکان کردو پاش کشانەوەی تاکتیکیی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، بەشدار بوو لە پرۆژەی رێکخستنەوەی هێزەکان.

پاش دابین کردنی پێداویستییەکانی ئۆپەراسیۆنی «گەردەلولی تۆڵە» و دانانی نەخشەی گرتنەوەی ناوچەکان، تەوەرەی باشماخ - بناری پێنجوێن بە مەحمود سەنگاویو شەوکەت حاجی موشیر و شێخ حسێنە سور سپێردرا. لەم سەروبەندەدا ڕۆڵێکی دیاری لەئۆپەراسیۆنەکەدا گێڕا و بەشدارییەکی کارای لەگرتنەوەی ناوچەکاندا کرد.

ساڵی ١٩٩٧ پاش دامەزراندنی فەرماندەیی ٥ی هێزی پێشمەرگە کە سنورەکەی دۆڵی هیرانو دۆڵی سماقوڵیو هیزۆپو دۆڵی خەلەکان و دوکانی گرتۆتەوە، لێپرسراوەتیی فەرماندەییەکەی پێ سپێردرا. لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی «گەردەلولی تۆڵە» لە تشرینی یەکەمدا، قۆڵی سماقوڵی بە مەحمود سەنگاویو عومەر عەبدوڵڵا سپێردرا. لەم ئۆپەراسیۆنەش ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا.

لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ لێپرسراوەتیی فەرماندەیی ٧ی سلێمانیی پێ سپێردرا و لە ئازاری ساڵی ١٩٩٩ بووە ئەندامی دەستەی کارگێڕی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو ئەرکی سەرپەرشتی کردنی فەرماندەییەکانی سلێمانیو شارەزورو گەرمیانی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و پاش کۆنگرە لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ٩ی رێکخستنی شارەزوری پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٣ بەشدار بوو لە هەڵمەتی پاککردنەوەی ناوچەکانی تەوێڵە و بیارە لە گروپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام و لێپرسراوەتیی ئەو قۆڵەی گرتە ئەستۆ کە لە چیای شنروێوە تا سەر سنوری عیراق - ئێران درێژ بۆتەوە. هەر ئەو ساڵە گوێزرایەوە بۆ گەرمیانو لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ١١ی رێکخستنی گەرمیانی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٦ کرایە نوێنەری تاڵەبانی لە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەو لە ساڵی ٢٠٠٩دا بووە یاریدەدەری بۆ کاروباری پێشمەرگە.


ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی

سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە. دواتریش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا و جارێکی تر لێپرسراوەتیی مەڵبەندی ١١ی ڕێکخستنی گەرمیانی گرتە ئەستۆو لە ساڵی ٢٠١٣دا بووە لێپرسراوی مەکتەبی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی خانەقین، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی هەڵبژێردرایەوە.

یاداشتەکانی کە لە ژێر ناونیشانی «بیرەوەرییەکانی سەنگاوی» بڵاوی کردونەتەوە، لە دوتوێی ٧٧٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەدا، زانیارییەکی زۆر، بە چڕی و بە زمانێکی سادە، پێشکەش دەکەن و بە تۆمارێکی گرنگ بۆ دیکۆمێنت کردنی وردەکارییەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی و ژیانی پێشمەرگانە ئەژمار دەکرێن.

## مەحمود سێدەری*



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی کەرت. ناوی تەواوی مەحمود مستەفا سوارە حەمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی سێدەری دۆڵی جافەتی. بە هۆی نەبونی خوێندنگە لە گوندەکەیان، نەیتوانیوە بخوێنێ. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە هێزی پێشمەرگەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩، کاتێك لەگەڵ ٢٠ کەس لەخزم و کەسوکاری خۆی، پێکەوە بەچەکی خۆیان پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکەن و ژیانی پێشمەرگایەتی لە هەرێمی ٤ دەست پێدەکەن. لە پێشمەرگایەتیدا لە تیپی ٦٨ی مامەندە ڕێك خرا و دواتر بۆ تیپی ٤٣ی ئاسۆس گوێزرایەوە. ساڵی ١٩٨٢ بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و دواتریش لە چەندین ئۆپەراسیۆنی گەورەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لەوانە هەردوو ئۆپەراسیۆنی قەیوان ـ ماوەت (١٩٨٦) و داستانی رزگاری (١٩٨٧). ژیانی پێشمەرگایەتیی بە فەرماندەی مەفرەزە دەست پێ کردوە و لە ساڵانی دواتردا پلەکەی بۆ جێگری فەرماندەی کەرت و فەرماندەی کەرت بەرز کراوەتەوە و دوا پلەی جێگری فەرماندەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس بووە.

لە٣ی ئەیلولی ١٩٨٧ دا لەگەڵ کوڕێکی خۆی بە ناوی حەکیم و دوو پێشمەرگە لە هێرشێکی کیمیایی هێزەکانی عیراقدا پێکەوە شەهید بون. لە ساڵی ١٩٨٨دا لە کاتی بەڕێوەچونی شاڵاوی ئەنفالی دۆڵی جافەتیدا سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی و خێزانی ئەحمەدی برازای کەژمارەیان ١٤ کەس بوو، شەهید کران و لە خزمەکانی لە گوندی سێدەر ٨١ کەس لە سەروبەندی هەمان شاڵاودا ئەنفال کران.

## مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر



پێشمەرگە و ئەندامی دێرینی سەرکردایەتی. ناسراو بەشێخ عەلی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٦ی هەڵەبجە.

لە تافی مێردمنداڵیدا بەلای بیری کوردایەتیدا دایشکاندوە و پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردوە و دواتر بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٦٤

بـوەو لێپرسراوی یەکێتیی قوتابیان لە هەڵەبجەو لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە ناو پارتیدا لە نێوان باڵی سەرۆکی حزبو باڵی مەکتەبی سیاسیدا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. بەهۆی هەلومەرجی نالەباری هەڵەبجەوە، بەناچارییەوە بۆ تـەواو کردنی خوێندنی ناوەندی چووە سلێمانیو لەوێشەوە چوو بۆ بەغداو لە خوێندنگەیەکی ناوەندیی شەوانەی کوردە فەیلییەکان دەستی بەخوێندن کرد.

ساڵی ١٩٦٧ ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بـوو، هـەر ئـەو ساڵە بەهەمان پلە گوێزرایەوە بۆ لیژنەی ناوچەی قەرەداغو کرایە لێپرسراوی ڕێکخراوی تانجەرۆ. ساڵی ١٩٦٨ لە بەغدا لە رۆژنامەی «نور» کاری کرد.

پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە ماوەیەکی کەم، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانیەوە کردو وەك کادیرێکی کارا کاری تێدا کرد. ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، ٣ کلاشنکۆف و دوو دەمانچەو ٣ برنەو و تایپێك و تاپرێکی لەگوندی عەنەب شاردەوە بۆ ئـەوەی لە ئایندەدا لە کاتی پێویستدا سودی لێ وەربگیرێ.

سـەرەتـای سـاڵی ١٩٧٦ بـە کـارمـەنـدی روپێو لەهەڵەبجە دامەزرا. هەر ئەو ساڵە، پشتگیریی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کردو ئامادەیی بەشداربونی تێدا دەربڕی. لەگەڵ دەست کردن بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی دەستپێکردنی خەباتی چەکداردا، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، لـەوانـە شـەوکـەت حاجی موشیر و حامید حاجی غالیو حەمە سەعید حەمە ئەمینو تۆفیق رەحیم عەبدوڵڵاو عەلی شیعە، یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی لە هەڵەبجەو دەوروبەری پێك هێنا.

لـەو مـاوەیـەدا مەفرەزەکە بەناوچەکانی هەڵەبجەو شـارەزورو هەورامانـدا گـەڕا و جاڕی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی دا. ساڵی دواتـر، پـاش زیادبونی ژمـارەی




پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە، کادیرە بەراییەکانی مەفرەزەکە بونە فەرماندەی مەفرەزەو بەم شێوەیە مەفرەزەکە چەند مەفرەزەیەکی دیکەی لێ دروست بوو.

ساڵی ١٩٧٨ بەشدار بوو لە یەکەم کۆبونەوەی کادیرانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەگوندی نۆکان و بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێر. چەند رۆژێك پاش وەرگرتنی ئەم لێپرسراوەتییە، بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هەکاری کە ئامانجەکەی وەرگرتنی برێکی زۆری چەك بوو کە نیاز وابوو لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا لەسەر سنوری عیراق - تورکیا بگاتە دەستی هێزی پێشمەرگە. لەم سەروبەندەدا لەگەڵ بەشی یەکەمی هێزەکەدا کە بە فەرماندەیی خالید سەعید بوو بـەرەو سنوری عیراق - تورکیا بـەڕێ کـەوت. لەم ئۆپەراسیۆنەدا دەردەســەریو نەهامەتییەکی زۆری هاتە بەر ڕێگا و لە ناوچەی هەکاریدا توشی شەڕو پێکدادان بوو لەگەڵ خێڵەکانی ناوچەکەدا. دواجار،

لەگەڵ بەشێکی زۆری هێزەکەدا بەدیل گیرا و رادەستی بارەگاکانی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا. نزیکەی ساڵێك لەوێ ژیانی دیلێتیی بەسەر برد. لەحوزەیرانی ١٩٧٩دا لە کاتێکدا کە بۆ ناوچەی مەرگەوەری ئێران دەگوێزرانەوە، خۆیو ئازاد هەورامی لەگوندی گەچەڵوو لە زیندان رایانکردو خۆیان گەیاندە شاری سەردەشت و لەوێوە پەیوەندییان بە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتییەوە کرد لەگوندی توژەڵە.

ساڵی ١٩٨٠ کرایە فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر. ساڵی ١٩٨٢ بە هۆی تەشەنە سەندنی کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە، وازی لە لێپرسراوەتی هێنا و سەرەتا لەگوندی رەزڵەو دواتر لەگوندی پاڕەزانی ناوچەی شارباژێڕ گیرسایەوە. لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەران لە ساڵی ١٩٨٤، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئەندامی ناڕازیدا کۆنفرەنسی بەجێ هێشت و دواتر لەسۆنگەی ناوبژیوانیی تاڵەبانییەوە گەڕایەوە بۆ ناو کۆنفرەنسەکە. بەڵام گەڕانەوەکە چارەسەری هیچ ناکۆکییەکی نەکرد. ساڵی دواتر، لێپرسراوەتیی رێکخراوی کەرکوکی کۆمەڵەی پێ سپێردرا، بەڵام زۆر لەسەر ئەم کارە بەردەوام نەبوو. لەم سەروبەندەدا پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵەی رەنجدەران بەئاستێکی بەرزی گرژی گەیشتنو هەر لەو ماوەیەشدا بەشدار بوو لەگەلاڵە کردنی روخسارەکانی رێکخراوێکی چەپی تازەی رادیکاڵتر بە ناوی ئاڵای شۆڕشەوەو خۆیشی وەك سەرکردەیەکی ئەو رێکخراوە دەرکەوت. لە تشرینی دووەمی ١٩٨٥ گرژیی پەیوەندییەکان گەیشتە رادەی دەستگیرو زیندانی کردنی. تا ساڵی ١٩٨٨ لە زینداندا مایەوە. لە مانگی ئازاری ئەو ساڵەدا بەهۆی نەخۆشییەوە ئازاد کرا. ماوەی زیندانی کردنی، نزیکەی دوو ساڵو چوار مانگ بوو.

پاش ئازارد کردنی، ماوەیەك لە ئۆردوگای ئاوارەکانی زێوی لە نزیك شاری ورمێی ئێران مایەوە و لە ساڵی ١٩٨٩دا ئێرانی بەجێ هێشت و لە سوید گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩٧ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لێپرسراوەتیی جێگری لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێ سپێردراو دواتریش کرایە بەڕێوەبەری دەزگای شەهیدان بە پلەی وەزیر. ساڵی ٢٠٠٥ بە پلەی وەزیر خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠١٣ یاداشتەکانی خۆی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «کەشکۆڵی بەسەرهاتم» بڵاوکردەوە کە بەسەرهاتەکانی ماوەی نێوان ١٩٥٨ ـ ١٩٨٨ی گرتۆتەوەو بۆ دەوڵەمەندکردنی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە دیکۆمێنتێکی گرنگ دەژمێردرێ.


لە ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا، کۆچی دوایی کردو لەڕێو رەسمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی عەبابەیلێی نزیك شاری هەڵەبجە بە خاك سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان).

* ئاڵای شۆڕش (رێکخراو).

## مەحمود قەرەداغی



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی مەحمود رەشید قادر شێخ محەمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٨ی قەرەداغ. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە قەرەداغ


و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگای مامۆستایان و کۆلیجی یاسای لە سلێمانی تەواو کردووە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٣ دەست پێ کردووە، کاتێك پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە. ساڵی ١٩٦٤، کاتێك ناکۆکییەکانی ناو پارتی لە نێوان باڵی چەپ و باڵی راستڕەودا تەقینەوە و جیابونەوەیان لێ کەوتەوە، پشتیوانیی لە باڵی چەپ کرد و لە ناو ریزەکانیدا درێژەی بە چالاکیی سیاسیی خۆی دا. دوای تەواوکردنی خوێندن لە پەیمانگای مامۆستایان، بۆ کاری ڕێکخراوەیی، گوێزرایەوە بۆ لیژنەی ناوچەی قەزای سلێمانی و لە کۆنفرەنسی ڕێکخستنەکاندا بە ئەندامی لیژنەی ناوچە و لێپرسراوی ڕێکخراوی قەرەداغ هەڵبژێردرا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ لە بەکرەجۆ بە مامۆستا دامەزرا. لە کۆتایی ئازاری هەمان ساڵ، بە هاندانی باڵی راستڕەو کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری لەگەڵ حکومەتی عیراق واژۆ کردبوو، بۆ شاری دیوانیەی پارێزگای قادسیەی باشوری عیراق دور خرایەوە. لە کۆتایی ساڵدا گوێزرایەوە بۆ بەغدا. لەو ماوەیەدا دەستی بە خوێندن کرد لە کۆلیجی یاسای ئێواران لە زانکۆی موستەنسریە.

ساڵی ١٩٧١ دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەڕایەوە بۆ کوردستان و بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەرەداغ دانرا، بەڵام ناچار بوو واز لە خوێندنی کۆلیجی یاسا بێنێ.

ساڵی ١٩٧٣ وازی لە مامۆستایی هێنا و لە ناوچەی باڵەکایەتی بووە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق، بەشداریی لە شەڕە قورسەکانی ناوچەی ڕەواندز، سەرتیز، زۆزك و گەروی عومەر ئاغادا کرد و سێ جار بریندار بوو. بە هۆی ڕۆڵی لە شەڕەکاندا، کرایە سەرلق و بۆ بەتالیۆنی ئاسۆس گوێزرایەوە کە سەر بە بارەگای




بارزانی بوو.

ساڵی ١٩٧٥ لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی جەزایردا لە نێوان عیراق و ئێران، پشتیوانیی لە بەردەوامیی بەرگری کرد و دژی کۆتایی پێ هێنانی شۆڕش وەستایەوە، بەڵام هەوڵی ڕێگرتن لە هەرەسهێنانی جوڵانەوەکە شکستی هێنا.

دوا بەدوای ئەمە، گەڕایەوە سەر پیشەی مامۆستایی لە دەربەندیخان، بەڵام لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. لە ئەنجامی چالاکییەکانیدا، بە بڕیاری کۆمیتەی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی ناوخۆ، ڕێکخراوی زمناکۆی دامەزراند و سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی دەربەندیخان، کەلار، کفری و بەشێکی قەرەداغی کرد. لە ساڵی ١٩٧٦دا، پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بە شێوەی پارتیزانی، هاوکاریی هێزی

پێشمەرگەی کرد، لە ناو شاریش گروپی پێشمەرگەی ناوشاری دروستکرد.

لە سالانی ١٩٧٩ و ١٩٨١دا دوو جار دەستگیر کرا ، جارێك لە گرتوخانەی ئەمنی سلێمانی و دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك و جارێکی تر لە بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی گشتیی عیراق لە بەغدا. لە هەردوو گرتوخانەدا روبەڕوی دژوارترین شێوازی ئەشکەنجە بۆوە، بەڵام هیچی لەسەر خۆی ساغ نەکردەوە و بەرپەرچی هەموو زانیاری و بەڵگەکانی دایەوە. لە کۆتاییدا بە سەربەرزی لە هەردوو مەینەتییەکە رزگاری بوو.

ساڵی ١٩٨٦ بە هۆی پەیوەندی نەکردنی بە جەیش شەعبییەوە، لە مامۆستایی دەرکرا.

ساڵی ١٩٩١ لە سلێمانی بەشدارییەکی کارای لە راپەڕیندا کرد. پاش راپەڕین، بووە ئەندامی مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی و یەکەم لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی دەربەندیخان. ساڵی ١٩٩٤ بووە لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی تێکۆشەرە دێرینەکان، دواتریش لە سنوری مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانیدا، لێپرسراوەتیی پەیوەندییەکانی فەرمانگەکانی حکومەتی لە ئەستۆ گرت.

ساڵی ١٩٩٦ لە کۆنفرەنسی گشتیی مەڵبەندەکانی رێکخستندا، بە کارگێڕی مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی هەڵبژێردرا. هەر ئەو ساڵە، دوا بە دوای هێرشی هاوبەش هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و رژێمی بەعس بۆ سەر هەولێر و رەوی ژمارەیەکی زۆری هاوولاتییان بەرەو ئێران، لێپرسراوێتیی کاروباری ئاوارەکانی لە کامپی ئاوارەکانی سەیرانبەند لە ئێران گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٩٨ دەستی بە خوێندن کرد لە کۆلیجی یاسا لە زانکۆی سلێمانی. لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٠ دا لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی هەڵبژێردرا. ساڵی ٢٠٠٢ خوێندنی لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠٣ لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە راوێژکاری کاروباری شارەوانییەکان.

ساڵی ٢٠٠٥ گەڕایەوە سەر کاری حزبی و کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ٢١ی رێکخستنی سلێمانی. هەر ئەو ساڵە، بە بڕیاری هەردوو مەڵبەندی ١و ٢١ی رێکخستنی سلێمانی، بە سکرتێری لیژنەی ئامادەکاری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دانرا کە بە سەرۆکایەتیی دکتۆر بەرهەم ساڵح پێك هێنرا بوو و نوێنەرانی حزبەکانی یەکێتیی نیشتمانی، پارتی دیموکرات، پارتی کۆمۆنیست، کۆمەڵی ئیسلامی، حزبی سۆسیالیست و حزبی زەحمەتکێشانی لە خۆ گرتبوو.

ساڵی ٢٠٠٦ لە هەڵبژاردنی ناوخۆی مەڵبەندەکانی رێکخستندا، بە لێپرسراوی مەڵبەندی ٢١ی رێکخستنی سلێمانی هەڵبژێردرایەوە. ساڵی ٢٠١٨ کرایە جێگری لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ٢٠١٩ ماوەیەکی کەم پێش بەستنی کۆنگرەی چوارەم، لە پرۆسەی پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی ئەندامانی سەرکردایەتیدا، کرایە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. هەر ئەو ساڵە لە کۆنگرەی چوارەمدا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، دواتر لە ساڵی ٢٠٢٠ دا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی لێپرسراوانی کۆمیسیۆنەکاندا، بە لێپرسراوی کۆمیسیۆنی دەستپاکی هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠٠٦ یادەوەرییەکانی زیندانی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «لەودیو سنورەکانی مەرگەوە» لە سلێمانی بڵاو کردەوە کە تێیدا، زۆر بە وردی، ژیانی گرتوخانەکان و ئەزمونی روبەڕوبونەوەی ئەشکەنجەدانی گێڕاوەتەوە. مەحمود مەلا عیززەت کە هاوڕێی زیندانی بووە، لە

پێشەکیی کتێبەکەدا نوسیویەتی قەرەداغی «یەکێك لەو چەند کەسەی ناو ئەو ٣٨ زیندانییە بوو کە قورسترین زەحمەتییەکانی ئەشکەنجە روبەڕوی بوو. وەك خاوەن بیروباوەڕ و تێگەیشتوو، هۆشیار لە مەسەلەی ژیان و خەبات، لە کێشەی نەتەوە چەوساوەو زۆرلێکراوەکەی، لە بەردەم زەبری ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەییدا، گاڵتەی بە جەللادەکان دەهات. ئەوان تاقەتیان لە ئەشکەنجەی دەچوو، بە دەستییەوە هیلاك دەبون، ئەم لە بەردەمیاندا بەورەتر دەبوو، تا بۆ خۆی بووە نمونە و سەرمەشقی زیندانییەکان».

## مەحمود مەلا عیززەت




نوسەرو رۆژنامەنوس. لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٩ی گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی. لە قۆناغی ئامادەییدا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردوە و دواتریش بووە بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتییەکە. ساڵی ١٩٥٨ لە بەشی مێژووی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیراوەو ساڵی ١٩٦٢ خوێندنی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرت. هەر لەو ماوەیەشدا تێکەڵ بە جیهانی سیاسەت و حزبایەتی بووە.

دوای ئەوەی کە لە سلێمانی بە مامۆستا دامەزرا، بووە ئەندام لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و دواتریش بوو بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت. ساڵی ١٩٦٢ خۆی و چەندین مامۆستای تر بەرپەرچی هەموو ئەو گوشارانەیان دایەوە کە لیوای ٢٠ی سوپای عیراق لە سلێمانی دەیکردە سەر مامۆستاکان بۆ ناردنی بروسکەی پشتگیری بۆ جەنرال عەبدولکەریم قاسم و سەرزەنشت کردنی شۆڕشی کورد، هەر لەم سەروبەندەشدا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بووە لێپرسراوی ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان.

لە کاتی سەرهەڵدانی قەیران لە ناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد. لەکۆنفرەنسی مانگی ئابی ١٩٦٦ی تیمار، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا و دواتر بە لێپرسراوی لقی پێشمەرگە دانرا. لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٦٧ی کەلار بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و پاش مانگێك بڕیار درا ببێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام خۆی بەمە رازی نەبوو. لە ناو حزب داوای چاکسازی و گۆڕانی دەکردو سیاسەتی هاوکاری کردنی حکومەتی عیراقی بە سیاسەتێکی چەوت دادەنا.

ساڵی ١٩٦٩ وەك ئەندامی دەستەی نوسەران بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری «رزگاری» کە سەرنوسەرەکەی شازاد سایب بوو و لە سلێمانی دەردەچوو. جگە لەوە، ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «دەنگی مامۆستا»ی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیش بوو.

پاش راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، پشتگیریی هەڵوەشاندنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی و دامەزراندنی حزبێکی نوێی کرد بەڵام رەوتی رووداوەکان بەرەو ئەوە چوو کە هەردوو باڵ تێکەڵ بە یەکتری بکرێنەوە. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ لە نێوان کورد و رژێمی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو بووە کارگێڕی




لقی سلێمانیی پارتی. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١975، بۆ رومادی دوور خرایەوە بەڵام لە ساڵی ١٩٧٨دا رێی پێ درا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ خۆی و ٢٣ رۆشنبیری تر بەگومانی هاوکاری کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستگیر کرا و لە زیندانەکانی کەرکوك و بەغدا سزای جەستەیی و دەرونیی گەورە درا. لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٨١، دوای ئەوەی کە رژێمی بەعس هیچی لێ هەڵنەکڕاند، ئازاد کرا. دوا بەدوای ئەمە، پەیوەندیی بەسەرکردایەتیی یەکێتییەوە کردو ماوەیەك لە ناوزەنگ گیرسایەوە. لە مانگی تشرینی یەکەمدا لە رێی فرۆکەخانەی تارانەوە چوو بۆ سوریاو لەوێوە چوو بۆ سوید.

ساڵی ١٩٨٧ لە ئەرشیفخانەی هەرێمی ئۆپسالا لە سوید کاری کرد. لەو ماوەیەی کە لەسوید بوو، وەك نوسەرێکی بەبڕشت دەرکەوت و چەردەیەك کتێب و لێکۆڵینەوەی مێژوویی- سیاسیی بڵاو کردەوەو لەم سۆنگەیەوە بە ئەندام لە یەکێتیی نوسەرانی سوید وەرگیرا.

ساڵی ١٩٩٧ رەزامەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر دروست کردنی ئەرشیفی نەتەوەیی کورد وەرگرت و لەم رووەوە یەکەم کۆبوونەوەی بۆ رایی کردنی کاروباری ئەم ئەرشیفە لە ماڵی خۆی لە سەرچنار لەگەڵ هەر یەك لە جەمال عەبدول، فەرید ئەسەسەرد، رەفیق ساڵح، خەلات عومەر، گۆران جەلال و کەمال رەئوف بەڕێوە برد.

بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێك و ٩ مانگ ئەرکی سەرنوسەریی رۆژنامەی کوردستانی نوێی گرتە ئەستۆ، واتە لە ژمارە ٢١٨٨ی رۆژی ٢ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٠وە تا ژمارە ٢٧٢٢ی رۆژی ٦ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٢.

ساڵی ٢٠٠٠ بیرەوەرییەکانی خۆی لەدوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «کاروانی بێ کۆتایی» بڵاو کردەوە. دکتۆر رەفیق سابیر کە پێشەکیی بۆ چاپی سێیەمی کتێبەکە نوسیوە، دەڵێ ئەم کتێبە «پێش ئەوەی بیرەوەریی روناکبیر و تێکۆشەرێك بێت لە زیندانەکانی بەعس، کە مرۆڤیان تێدا کەوڵ دەکرا، کتێبێکە لەبارەی خۆشەویستیی ژیان، ئەو خۆشەویستییەی کە لە تەنیاترین و پڕ ژانترین ساتەکاندا دەتوانێت هیوا، توانای بەرگەگرتن و خەوبینین بە مرۆڤ و مانایەك بە بوونی مرۆڤ بدات».

ساڵی ٢٠٠٥، پاش تەمەنێکی پڕ خزمەت کردن بە رۆشنبیریی کوردی، لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ساڵی ٢٠١٩ بەختیار مەلا عیززەت لە دەستپێشخەرییەکی شایستەدا هەموو ئەو توێژینەوەو

وتارانەی کە لەسەر کتێبی «کاروانی بێ کۆتایی» نوسراون، لە دوتوێی کتێبێکی ٢٠٤ لاپەڕەیی قەوارە گەورەدا بە ناونیشانی «کاروانی بێ کۆتایی لە تێڕوانینی نوسەرانەوە» بڵاوکردەوە. لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا سێ توێژینەوەی دکتۆر زاهیر لەتیف کەریم لەسەر کتێبی «کاروانی بێ کۆتایی» بڵاوکراوەتەوە کە لە توێژینەوەی یەکەمدا توێژەر لە روی تۆپۆلۆژیاوە لێی کۆڵیوەتەوە، لە توێژینەوەی دووەمدا لە روی هۆکارگەراییەوە (پەیوەندیی نێوان هۆکارو دەرەنجام) و لە توێژینەوەی سێیەم لە روی ئەزمونگەراییەوە. هەروەها هەر لەو بەشەدا چەند توێژەر و رۆژنامەنوسێك تێڕوانینی خۆیان سەبارەت بە کتێبەکە دەربڕیوە لەوانە دکتۆر رەفیق سابیر، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، دکتۆر رەئوف عوسمان، لە بەشی دووەمدا هەندێ کۆمێنتی کورتی چەند رۆژنامەنوسێك لەسەر کتێبەکەو نوسەرەکەی بڵاو کراوەتەوە کە ئەمانەن: سەلاحەددین موهتەدی، عەدالەت عەبدوڵڵا، مستەفا ساڵح کەریم، مەریوان مەسعود، شێرکۆ بێکەس، عەبدولکەریم شێخانی، عەلی کەریمی، جەلال سام ئاغا، دانا رەشید مەڵکەندی و لەتیف فاتیح فەرەج.

دیارترین بەرهەمەکانی «دیپلۆماسێتیی بزوتنەوەی کوردایەتی» (١٩٧٣)، «رەگوڕیشەی مێژووی تەقەلای بەعیراقیکردنی کوردو مەسەلەی کوردستان» (١٩٨٧)، «کوردو ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە» (١٩٨٨)، «کورتەی مێژووی فەلسەفە» (١٩٨٨)، «کاروانی بێ کۆتایی» (٢٠٠٠)، «جەمهوریەتی کوردستان» (٢٠٠١).

بابەتی پەیوەندیدار:

* کوردستانی نوێ (رۆژنامە).

## مەدحەت کاکەیی



پێشمەرگەو هونەرمەندی شێوەکار. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی شاری کەرکوك. ساڵی ١٩٧٢ لە بەشی گرافیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراوەو ساڵی ١٩٧٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە. هەر ئەو ساڵە بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن، چووە بۆ ئیسپانیاو لە زانکۆی سان فێرناندۆ لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا وەرگیراوە. ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی تەواو کردوە و بۆ عیراق گەڕاوەتەوە.

هەر ئەو ساڵە کرا بەسەرباز لە سوپای عیراق و رەوانەی بەرەکانی شەڕی عیراق ـ ئێران کرا. بۆ ساڵی دواتر، بەرەکانی شەڕی بەجێ هێشت و پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە.


ساڵی ١٩٨٤ کوردستانی بەجێ هێشت، لەسوید گیرسایەوەو پاش دوو ساڵ رەگەزنامەی سویدیی وەرگرت. ساڵی ١٩٨٥ لە ژاپۆن چەند پێشانگایەکی لەتۆکیۆو چیبا کردەوەو ماوەیەکیش لە شاری چیبا ژیانی بەسەر برد.

لە ژیانی هونەرییدا لە زۆر شوێنی جیهان پیشانگای کردۆتەوە لەوانە لە مەدرید لەئیسپانیا (١٩٧٨)، لە بەغدا لە گەلەریی ریواق (١٩٨١)، وارشۆ لەپۆڵۆنیا (١٩٨٤)، لە ژاپۆن لە ساڵانی ١٩٨٥ و ١٩٨٧ و ١٩٨٨، لە ستۆکهۆڵم لە سوید لە ساڵانی ١٩٨٦ و ١٩٩١ و ١٩٩٢ و ١٩٩٣ و ١٩٩٥ و ١٩٩٦ و ١٩٩٧ و ٢٠٠٦، لە کۆریا لە ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠، لە دانیمارك (١٩٩٨)، لە پاریس لە فەرەنسا لە ساڵانی

٢٠٠١ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧، لەئیستۆنیا (٢٠٠١)، لە سلێمانی لە کوردستان (٢٠١٢).

لە سەرەتای ژیانی هونەریدا پشتئەستور بوو بە رەنگی رەش و سپی لە تابلۆکانیدا، بەڵام دواتر بڕێکی زۆرتر گەشبینیی بە تابلۆکانی دا و وەرچەرخایە سەر بەکارهێنانی رەنگ. لە هونەرەکەیدا زۆرتر یەك رەنگ بە شێوەیەکی چڕ بەسەر هەر تابلۆیەکیدا زاڵە، بەتایبەتی لە بەرهەمە مۆنۆخرۆمەکانی دواییدا.

## مەدەنیەت (گۆڤار)




گۆڤارێکی فیکرییە، تایبەت بە کەلتوری مەدەنیەتە، مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٨-٢٠١٤ دەری کردووە. تایتڵی سەرەکیی گۆڤارەکە کە لەسەر بەرگ دانراوە و بە شێوەی «هاووڵاتییەکی کوردستانی و کۆمەڵێکی مەدەنی» دارێـژراوە، بەچڕترین شێوە گوزارشتی لە پەیامی گۆڤارەکە کـردووە. یەکەم سەروتاری گۆڤارەکە پەیامی گۆڤارەکەی بەمجۆرە دەربڕیوە «دەرچواندنی ئەم گۆڤارە لەو ئەنگێزەیەوە هاتووە کە کۆمەڵی مەدەنیی کوردستان لە ئاستی تیۆری و پراکتیکدا ئەکتیف بکات، بۆیە هەر چی بوارێکی تیۆری و پراکتیکی هەیە لەم گۆڤارەدا بە شێوەیەکی گشتی خۆی دەدۆزێتەوە».

بایەخدانی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان بە بابەتی کۆمەڵی مەدەنی و تەرخان کردنی گۆڤارێك بۆ شرۆڤەکردنی رێساو تایبەتمەندیو پێکهاتەو بەهاکانی کۆمەڵی مەدەنی، درێژەپێدانی بایەخدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بە ئەکتیف کردنی بەهاکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. لەم میانەدا گۆڤارەکە بە شێوەیەکی تایبەت سەرقاڵی بانگەشە بـووە بۆ بـەدی هێنانی گۆڕانێکی ریشـەیی لە کۆمەڵدا بە سودوەرگرتن لە بڵاوکردنەوەی بەهاکانی کۆمەڵی مەدەنی. لەم سەروبەندەدا گۆڤارەکە چەند بابەتێکی هەستیاری وروژانـدووە لەوانە بابەتەکانی ستەمی رۆژهەڵاتییانە، سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵی مەدەنی، تاوان و لادان، رۆژنامەوانی لە کۆمەڵی مـەدەنـی، پێشکەوتنی شارستانی لە کوردستاندا، پـلاندانـان لـە کۆمـەڵـی مـەدەنـیدا، دیـموکراسی و مافەکانی تاك، چەمکی دادپـەروەری، ناسیۆنالیزم و گـەشەپێدان، سـەردەمـی رێنیسانس، فەلسەفە و ئاین، سۆسیۆلۆژیای سیاسی، رای گشتی، ئازادیی سیاسی، کـورد و کۆمەڵی مـەدەنـی، فەلسەفەی دەوڵـەت، فیمینیزم لە ڕۆژهەڵاتدا، سۆسیۆلۆژیای دەسـەڵات، مۆدێرنێتە لە سەردەمی بەجیهانیبوندا، دەوڵەتی یاسا، ئازادی و رۆڵی رۆشنبیران، دیاردەی رۆشنگەری، یەکسانیی کۆمەڵایەتی، حزبایەتی و کەلتوری خێڵەکی.

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە. گۆڤارەکە سێ سەرنوسەری هەیە. یەکەمیان ئازاد جندیانییە کە لە ماوەی نێوان ١٩٩٨-٢٠٠٠دا لە ژمارەکانی ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥-٦دا سەرنوسەر بووەو دووەمیان مەلا بەختیارە کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠١٠ دا و لە ژمارە ٧ وە تا ژمارە ٢٧ سەرنوسەر بووە. سێیەم سەرنوسەری گۆڤارەکە جەمال حسێنە کە لە ماوەی ٢٠١١-٢٠١٢دا سەرنوسەری ژمارە ٢٨ و ٢٩ بووە. لە ژمارە ٣٠دا مەلا بەختیار بۆ جاری دووەم بۆتەوە بە سەرنوسەری گۆڤارەکە.

گۆڤارەکە دوو سکرتێری نوسینی بەخۆیەوە دیوە کەیەکەمیان سامی هادییە، ئەویش بەدرێژایی ژمارەکانی ١-٢٧ لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٨-٢٠١١دا. لە ژمارە ٢٨دا گۆڤارەکە سکرتێری نوسینی نەماوە بەڵام لە ژمارە ٣٠دا پۆستەکە گەڕاوەتەوەو ئیسماعیل حەمە ئەمین بۆتە سکرتێری نوسین.

گۆڤارەکە لە ژمارە ١١ بەدواوە دەستەی نوسەرانی داناوە. یەکەم دەستەی نوسەران لە هەر یەك لەئاوات ئەحمەدو پێشڕەو حسێن پێکهاتووە. دواتر تا چەند ژمارەیەك دەستەی نوسەران تەنها لە پێشڕەو حسێن پێکهاتووە. لە ژمارە ٢٢-٢٣دا عومەر سەرگەتیو لە ژمارە ٢٤-٢٥دا مەنسور تەیفوری بۆ دەستەی نوسەران زیاد کراون. دوایین دەستەی نوسەرانی لە مەنسور تەیفوری، نەبەز محەمەدو پێشڕەو حسێن پێك هاتووە.

گۆڤارەکە ٣٣ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لەکانونی یەکەمی ١٩٩٨ دەرچووەو ژمارە ٣٣ کە دوایین ژمارەیە لە ساڵی ٢٠١٤دا. هەرچەند لەنەخشەی بەراییدا وا دانرابوو گۆڤارەکە دوو مانگ جارێك دەرچێ، بەڵام لەبەر کۆمەڵێك تەگەرە، گۆڤارەکە بەدرێژایی ماوەی دەرچونی بۆی نەلواوە هیچ ساڵێك شەش ژمارە دەرکا، تەنانەت هەندێ ساڵ تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە وەك لە ساڵەکانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ و ٢٠١٠ و ٢٠١١ دا دەردەکەوێ، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨دا هیچ ژمارەیەکی لێ دەرنەچووە. لە ناو ژمارەکانیشدا ژمارەی دوانە هەیە وەك ژمارەکانی ٩-١٠-، ١٧-١٨، ٢٠-٢١، ٢٢-٢٣ و ٢٤-٢٥.

چەند لێکۆڵیارێك بابەتیان لەگۆڤارەکەدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە مەلا بەختیار، ئاوات محەمەد، دکتۆر حەمید عەزیز، ڕۆشنا ئەحمەد، ئەنوەر هوژەبری، سامی هادی، ئەبوبەکر خۆشناو، بەرزان فەرەج، حەسەن یاسین، سوارە قەڵادزەیی، عەبدولڕەحمان سدیق، فوئاد تاهیر سادق، مەجید ساڵح، عەتا قەرەداغی، ئاکۆ شوانی، دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ئیسماعیل حەمە ئەمین، ئەردەڵان عەبدوڵڵا، ئیسماعیل کوردە، ماکۆك شێخ محەمەد، دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، کاردۆ محەمەد، توانا عوسمان، سامان عومەر، ئاریان ڕەئوف، کارزان کاوسێن، جەمال حسێن، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، عادل باخەوان، بەیان سەلمان، فەلاح کەریم، نەوزاد جەمال، شەفیق حاجی خدر، پێشڕەو حسێن، ڕێباز مستەفا، چنور فەتحی، عومەر سەرگەتی، ئومێد عوسمان، دیلان حسێن، مەنسور تەیفوری، یاسین عومەر، نەبەز محەمەد، خەڵات عومەر، ئەکبەر حەسەن، عوسمان حەمە ڕەشید، کارا فاتیح.

گۆڤارەکە بە دوو قەوارە دەرچووە. ژمارە بەراییەکان بەقەوارەی ٢٢,٥ بە ١٥ سم دەرچوون و حەوت ژمارەی دوایی بەقەوارەی ٢٨ بە ١٩,٥ سم دەرچون. گۆڤارەکە لە سلێمانی لە چاپخانەکانی داناز، ڕەنج و حەمدی چاپ کراوە.

دیزاینی گۆڤارەکە دیزاینێکی پێشکەوتووە، تەکنیکی تازەی تێدا هاتۆتە بەکارهێنان و لەئاستی گۆڤارێکی فیکریی پێشکەوتوو دایە. ژمارەی

لاپەڕەکانی لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازە. قەوارە بچوکەکان ژمارەی لاپەڕەکانیان کەوتۆتە نێوان ٢٥٠ و ٣٠٠ لاپەڕە، لە کاتێکدا حەوت ژمارەی دوایی کە قەبارەیان لە ژمارەکانی پێشوو گەورەترە، ژمارەی لاپەڕەکانیان کەوتۆتە نێوان ١٣٢ و ٢١٠ لاپەڕە، لە دیزاینی چوار ژمارەی دواییدا بەفراوانی سود لە وێنە وەرگیراوە.

## مەرسەدی دەولی (گۆڤار)




گۆڤارێکی مانگانەیە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران بەهاوکاریی رۆژنامەی «ئیتتیحاد» بە زمانی عەرەبی دەری کردووە. لەم گۆڤارە ١٣ ژمارە دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە شوباتی ٢٠١١ دەرچووەو ژمارە ١٢-١٣ کە ژمارەیەکی دوانەو دوایین ژمارەیە، لە کانونی دووەم و شوباتی ٢٠١٢ دەرچووە.

گۆڤارەکە بە قەوارەی ٢٨ بە ١٩,٥سم دەرچووەو ژمارەی لاپەڕەکانی ٤٨ لاپەڕە بووە. لە هەر ژمارەیەك هەزار دانە چاپ کراوە. هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە لە چاپخانەی حەمدی لە شاری سلێمانی چاپ کراون.

سەرنوسەرەکەی غەسان نەعسان بووە کە نوسەرو رۆژنامەنوسێکی کوردی سوریایە. لە یەکەم ژمارەوە تا ژمارە ٧، شاناز رەمزی بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤارەکە بووەو لە دوایین ژمارەدا سلێمان عابدین محەمەد بۆتە سکرتێری نوسین. دیزاینەر لە ژمارە ١ تا ٨ خۆشناف حسێنەو لە ژمارەکانی پاشتردا شێردڵ مەجروم ئەرکی دیزاین کردنی گرتۆتە ئەستۆ. سەرپەرشتیاری زمانەوانیی گۆڤارەکە ئومەیمە حسێن موسایە.

ئامانج و سیاسەتی گۆڤارەکە دابین کردنی کەرەستەی پێویست بوو بۆ دروستکەرانی بڕیارو رۆشنبیران بۆ تێگەیشتنی ناواخنی روداوە نێودەوڵەتییەکان. ئەم ئامانجە لەسەر بەرگی گۆڤارەکە بە شێوەی تایتڵی «ئەوەی کە رۆشنبیران و نوسەرە سیاسییەکان و دروستکەرانی بڕیار پێویستیان پێیەتی» گوزارشتی لێ کراوە.

بەپێی بەرنامەی دانراو، دوو قۆناغ بۆ گەشەپێدانی گۆڤارەکە دانرابوو. لە قۆناغی یەکەمدا کە وا دانرابوو دەوروبەری ساڵێك بخایەنێ، بەو ئاراستەیە کار کراوە کە تا ئەو کاتەی ستافێکی کاراو وەرگێڕی بەتوانا لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی چنگ دەکەوێ، گۆڤارەکە پشت بە بابەتە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی «ئیتتیحاد» ببەستێ. بۆیە لەم رووەوە گۆڤارەکە بەپێی رێککەوتنێك لە نێوان ئەکادیمیای هۆشیاری و رۆژنامەی ئیتتیحاد دەرچووە کە تێیدا گۆڤارەکە مافی سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئەو وتارو شیکردنەوانەی هەبوە کە ئیتتیحاد لە میدیا جیهانییەکانەوە وەری

گێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی. جگە لەم سەرچاوەیە، گۆڤارەکە بابەتی دیکەشی بڵاوکردۆتەوە کە زۆربەی سەرنوسەر خۆی نوسیویەتی یان ئامادەی کردووە.

لە گۆڤارەکەدا بایەخ بە بەرگی پێشەوەو دواوە دراوەو پشتی هەردوو بەرگ بۆ خزمەتکردنی بابەتە بڵاوکراوەکان بەکار هێنراوە و هەندێ جار کاریکاتێرو تابلۆو کاری هونەریی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە دوو سەروتاری هەیە. سەروتاری یەکەم فەرید ئەسەسەرد لێپرسراوی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران نوسیویەتی و تێیدا بەراوردێکی لە نێوان گۆڤاری «روانگەی جیهان» و گۆڤاری «مەرسەدی دەولی» کردووەو نیشانی داوە کە گۆڤاری «مەرسەدی دەولی» هەمان ئامانجی گۆڤاری «روانگەی جیهان»ی هەیە کە ساڵی ١٩٩٣ لە هەولێر دەرچووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دانی بەوەدا ناوە کە «جیاوازیی بنەڕەتی» لە نێوان هەردوو گۆڤاردا هەیە. سەروتاری دووەم سەرنوسەر، غەسان نەعسان، بە ناونیشانی «با سەردەمەکەمان بکەینە سەردەمی دایەلۆگ» نوسیویەتی و تێیدا جەختی کردۆتە سەر دایەلۆگ وەك ڕێوشوێنێکی سەردەمییانە بۆ چارەسەری کێشەکان، هەروەك بەڵێنیشی داوە کە گۆڤارەکە «گرنگترین بابەتە گەرموگوڕەکان» روماڵ بکات، چ لە ناوچەکەدا، چ لە شوێنەکانی تری جیهاندا.

## پاشکۆ

### یەکەم سەروتاری گۆڤاری «مەرسەدی دەولی»
### نوسینی: فەرید ئەسەسەرد

ساڵی ١٩٩٣ مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوتە تاوتوێ کردنی پڕۆژەی دەرکردنی گۆڤارێك کە گوزارشت لە ئاڕاستەکانی رای گشتیی جیهان و سیاسەتی نێودەوڵەتی بکات. لەم سەروبەندەدا راسپێردرام وەك جێگری سەرنوسەر کار لە گۆڤارەکەدا بکەم. بەمجۆرە، خوالێخۆشبوو دارۆ شێخ نوری و من، بە شێنەیی کەوتینە کارکردن بۆ دەرکردنی ژمارەی یەکەم. ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەمان بە زمانی ئینگلیزی چنگ کەوتبوو کە زۆربەی لە ئەمریکا و بریتانیا دەردەچون. دەستمان کرد بە بژارکردنی بابەتەکان و ئەوانەمان جیاکردەوە کە بە کەڵکی بڵاوکردنەوە دەهاتن، ژمارەیەك وەرگێڕی بەتواناشمان راسپارد وەریانگێڕنە سەر زمانی کوردی و عەرەبی.

بەمجۆرە، ژمارەی یەکەمی «روانگەی جیهان» لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣ بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچوو. گۆڤارەکە سەرنجی رۆشنبیران و رۆژنامەوانان و دروستکەرانی بڕیاری راکێشا و لەم سەروبەندەدا چوار ژمارەی لێ دەرچوو. دوایین ژمارە لە ئایاری ١٩٩٥ دەرچوو. هەلومەرجی خراپی ئەو سەردەمە یارمەتیدەر نەبوو بۆ بەردەوامبون لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکە.

ئەم گۆڤارەی ئێستا کە ناومان ناوە «مەرسەدی دەولی» و بە زمانی عەرەبی دەری دەکەین، هەمان ئەو ئامانجەی هەیە کە گۆڤارەکەی ساڵی ١٩٩٣ هەیبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوانیاندا هەیە، گرنگترینیان ئەوەیە کە گۆڤارەکەی ئەمجارە بە قەد گۆڤارەکەی پێشوو توێژینەوەی دورو درێژ بڵاو ناکاتەوە، بەڵکو هێندەی بەلاوە بەسە کە روداوەکانی سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی روماڵ بکات، بەدواداچونیان بۆ بکات و هەندێ بابەت بە شێوەی شرۆڤەی بابەتییانەی تێرو تەسەل پێشکەش بکات. بێگومان هەر چی لەم گۆڤارە بڵاو دەکرێتەوە، تەنها گوزارشت لە را و بۆچونی نوسەرەکانیان دەکات و دوبارە بڵاوکردنەوەیان ئەم واتایەی نیە کە کرۆکی بابەتە بڵاوکراوەکە هاودەنگە لەگەڵ رای

فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یان ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران. لە سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری «روانگەی جیهان» دا، سەرنوسەر دارۆ شێخ نوری نوسیبوی «ئەرکی ئەم گۆڤارە ئەرکێکی ئاسایی نیە چونکە هەوڵدان بۆ ناساندنی باری سەرنجی کۆمەڵی دەولی و رای گشتیی جیهان ئەرکێکی دژوارە». ئەو راستییەی کە لە ناو ئەم رستەیەدا خۆی مات کردووە، تا ئێستا کاری پێ دەکرێ. ئەوپەڕی ئەوەی کە ئەم گۆڤارە هەوڵی بۆ دەدا ئەوەیە کە ئەو کەرەستانە بەدەست بێنێ کە ببنە مایەی ئاگاداربونی رۆشنبیران و ئەکادیمیستەکان و نوسەرە سیاسییەکان و دروستکەرانی بڕیار لە ئاراستە گشتییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و رای گشتیی جیهان و پەرە ئەستاندنی ئەو روداوە گرنگانەی کە دەشێ کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر رەفتاری سیاسی و میتۆدی بیرکردنەوە هەبێ.

رێکەوت رۆڵێکی دیاری لە هەڵبژاردنی ناوی «مەرسەدی دەولی» دا هەبوو. لە یەکەم کۆبونەوەدا کە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی دەرکردنی گۆڤارەکە لە کۆتایی ساڵی رابردوو (٢٠١٠) ساز کرا، بڕیار بوو گۆڤارەکە بە ناوی «مەسدەری دەولی» (سەرچاوەی نێودەوڵەتی) دەرچێ کە ئەمەش ئەو ناوە بوو کە من بۆ گۆڤارەکەم هەڵبژارد بوو. بەڵام کۆبونەوەکە پەراوێزێکی فراوانی بۆ پێداچونەوە هێشتەوەو بڕیار درا تا دوا سات هەر گفتوگۆ لەسەر ناوە پێشنیارکراوەکە بکرێ. لەم سەروبەندەدا لە ١١ی کانونی دووەمدا کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەکادیمیاو مەکتەبی راگەیاندن ساز کرا کە تێیدا چوینە سەر باسکردنی پرۆژەکانمان. لەو کۆبونەوەیەدا کاک ستران عەبدوڵلا سەرنوسەری رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» هەندێ تێبینیی خستە بەرچاو و پێشنیاری کرد ناوی گۆڤارەکە بکرێ بە «مەرسەدی دەولی». ئەوی راستی بێ، ئەو ناوەی من پێشنیارم کردبوو، لە ناوی بڵاوکراوەیەکەوە وەرگیرا بوو کە مامۆستا کامەران قەرەداغی لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا بە زمانی عەرەبی بە ناوی «مەسدەر» دەری دەکردو تێیدا هەر چی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەب بە زمانی روسی لە یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو بڵاو دەکرایەوە، وەری دەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. بەڵام بۆ ئەوەی ناوەکە لەگەڵ ناوەڕۆکدا تەباتر بێ، من بە گونجاوم زانی وشەی «دەولی»ی بخەمە پاڵ. بەڵام پێشنیارەکەی کاک ستران ناوە پێشنیارکراوەکەی منی راماڵی. منیش رەزامەندیم نیشان دا.

زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەم گۆڤارە کە بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بۆ ماوەی یەك ساڵ یان زیاتر بۆ گۆڤارەکە دانراوە، لەو بابەتانەن کە لە رۆژنامەی «ئیتتیحاد» لە بەغدا بڵاو دەکرێنەوە. لەبری ئەوەی ئێمە بابەتەکان جارێکی تر لە ئینگلیزییەوە وەربگێڕینە سەر زمانی عەرەبی، بە باشمان زانی مافی سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەیان بەدەست بێنین. ئەمە بەم واتایە دێت کە ئەم گۆڤارە لە گەوهەردا پرۆژەیەکی هاوبەشە لەگەڵ رۆژنامەی «ئیتتیحاد». پێشوازی کردنی کاك فریاد رەواندزی، سەرنوسەری رۆژنامەی «ئیتتیحاد»، لە دەستپێشخەرییەکەی ئەکادیمیا و رازیبونی بە سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی وتارە هەڵبژێردراوەکان، هەڵوێستێکی جوامێرانەیە و مایەی رێزو پێزانینە.

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ئومێدی لەسەر ئەوەی هەڵچنیوە کە ئەم گۆڤارە بەشدار بێ لە دابین کردنی بڕێکی باشی کەرەستەی پێویست بۆ رۆشنبیرانمان و نوسەرە سیاسییەکانمان و دروستکەرانی بڕیار لە بوارەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئاراستەکانی رای گشتیی جیهان.

سەرچاوە: مەرسەدی دەولی، ژمارە ١ (شوباتی ٢٠١١)، ل ٢-٣.

تێبینی: بابەتەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## مەریوان حسێن برایم جەباری



پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی کفری. دەرچووی بەشی کارەبای پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٨١ بوو بە پێشمەرگە لە کەرتی ١ی هەرێمی پارێزگاری. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی زۆر شەڕی کردووەو لە شەڕەکانی ئاڵوەتان و دابان و تەکیە بریندار بووە.

لە مانگی ئایاری ١٩٨٧ بووە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ. ساڵی دواتر بەشدار بوو لە خولێکی فەرماندەیی حەفتا کەسی کە بە هەماهەنگی لەگەڵ قەرارگای ڕەمەزان لەتاران بۆ پێشمەرگەکانی یەکێتی ساز کرا. لە ١٨ی ئابدا وەك پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ناوچەکانی گەرمیان ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیی جێبەجێ کردو ٤ مانگیش لە سنوری هەمەوەند مایەوە. لەو ماوەیەدا ٣ جار بەشداریی لە شەڕەکاندا لە دژی سوپای عیراق کردو لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕۆڵێکی دیاری لەگرتنی یەکێ لە ڕەبیەکانی سوپای عیراق لە دەوروبەری سەنگاو بینی.

ساڵی ١٩٩٠ چوو بۆ پاکستان و تا ساڵی ١٩٩٩ لەوێ مایەوەو پاشان لە نیوزیلاند گیرسایەوە. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣- ٢٠٠٦ وەك کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی لە نیوزیلاند کاری کرد.

ساڵی ٢٠٠٧ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بۆ ساڵی دواتر لەفەرماندەیی هێزی پێشمەرگە خزمەتی کرد. لە مانگی ئەیلولی ٢٠١١ بە پلەی عەمید خانەنشین کرا.

## مەسعود عوسمان عەلی ساڵح*



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. ناسراو بە مامۆستا زانا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی گوندی قازیخانەی ناحیەی قوشتەپە. بە هۆی ئەوەی کە باوکی لە دوبز لە کۆمپانیای نەوت دامەزراوە، ماڵیان گواستراوەتەوە بۆ دوبز، لەوێ خراوەتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لەوێ تەواو کردووە. پاشان قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووەو دواتریش پەیمانگای مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧ لە کاتێکدا کە خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر بوو، لە ڕێی عەبدولڕەزاق محەمەد عومەرەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٩ لە گوندی سارتکەی سەر بە قەزای دوکان بە مامۆستا دامەزرا. لەو ماوەیەدا کە لەوێ مامۆستا بووە، لە پەنای پیشەی مامۆستایەتیدا هەماهەنگیی تەواوی لەگەڵ هێزی پیشمەرگە دروست کردو ئەرکی خۆی لە لادێ، وەك کادیرێکی ڕێکخستن، لە روی بڵاوکردنەوەی بیری

شۆڕشگێڕانەو قوڵکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییەوە، بە ئەنجام گەیاند.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە گوندی بالیسان لە دۆڵی ئالانە ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد و پاش ماوەیەك لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی لە سنوری تیپی ١٢ی سۆران پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٨٣ گواسترایەوە بۆ تیپی ٨٣ی هەورێ و لەوێ کرایە کادیری جەماوەری و جێگری لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی سنوری تیپەکە. ساڵی پاشتر کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی سنوری تیپەکە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکی و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی داستانی رزگاری و گرتنی دێگەڵە و شەڕی ١٠ ڕۆژەی سماقوڵی لە ساڵی ١٩٨٧ و شەڕەکانی دۆڵی جافەتی لە ساڵی ١٩٨٨.

ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕەکانی دۆڵی جافەتیدا کە تێیدا هێزەکانی عیراق بەربڵاوترین هێرشیان کردە سەر ناوچەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دلاوەرییەکی زۆری لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکاندا نواند. لە ١٦ ی ئازاردا، لە بەرەی ورچەچ بە سەختی بریندار بوو و پاش نزیکەی ٤٥ خولەك، لە کاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، لە گوندی سێکانیان گیانی لە دەست دا و شەهید بوو.

بەر لەوەی کە بچێ بۆ بەرەی ورچەچ، هەندێ تێبینیی لە دەفتەرە بچوکەکەی بەرباخەڵی نوسیبوو. پاش شەهیدبونی، دەفتەرەکەی لە گیرفان دەرهێنرا، دەرکەوت تێیدا نوسیویەتی «ئەگەر شەهید بوم، ئەو ٢٥ دینارەی گیرفانم، ئابونەی ڕێکخستنەکانی پێشمەرگەیە، تکایە بیدەن بە مەکتەبی ڕێکخستن».

## مەسۆی بچوک (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەکی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق کە لە یەك زرێپۆش و سێ زیل و یەك تۆیۆتاو دوو قەمەرە پێك هاتبوو، لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٧٨ لە نزیك گوندی مەسۆی بچوك لەگەرمیان. هێزەکەی سوپا بۆ کێومالٚ کردنی ناوچەکە کەوتبووە ڕێ رووەو گوندی مەسۆی بچوك و گوندی درۆزنە، کتوپڕ کەوتە بۆسەی پێشمەرگەوە. شەڕ سەعات ١٧:٣٠ دەستی پێکردو سەعاتێکی خایاند، هێزەکەی سوپا کوژراو و برینداری لێ کەوت و تۆیۆتاو زیلێکی لێ سوتێنرا. پێشمەرگە بێزیان بوون.

## مەشخەڵان (سرود)




مـارشـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتـان. هۆنراوەکەی شێرکۆ بێکەس نوسیویەتی و ئاوازەکەی ئەنوەر قەرەداغی دایناوە.

ساڵی ١٩٨٤ قەرەداغی، لەسەر داوای تاڵەبانی، لە سلێمانی بە شێوەیەکی نهێنی ئاوازی بۆ ئەو هۆنراوەیە دانا کە بۆی نێردرابوو، بەدەنگی خۆی و کچەکەی لەستۆدیۆی ماڵی خۆی و بۆ مۆسیقاش بە هاوکاریی هەر یەك لە ڕێبوار عەبد و گۆران کامل و دالیا لەتیف تۆماری کرد. ئەم مارشە لەکانونی دووەمی ١٩٨٥ بەدواوە، بەو جۆرەی کە لە سلێمانییەوە نێردرابوو، بەدەنگی قەرەداغی و کچەکەی، لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان رۆژانە لە سەرەتای بەرنامەکاندا دەست بە پەخش کردنی دەکرا.

ساڵی ١٩٩١ قەرەداغی سەرپەرشتیی سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی مارشەکەی کرد. ئەمجارە بە دەنگی کۆرسی کوڕو کچ و بۆ ئاوازیش بە هاوکاریی تیمێکی مۆسیقا لە سلێمانی تۆماری کرد.

## مەعروف عەلی مەجید*



فەرمانـدەی کـەرت و جێگری فەرماندەی تیپ. ناسراو بە سیروان دێرەشەیی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی دێرەشەی ناوچەی سەنگاو. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردودا خانەوادەکەی لادێی بەجێ هێشتووەو لە کەرکوك نیشتەجێ بووەو هەر لەوێش قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە کۆمیتەی ئاگر رێك خراوە. ساڵی ١٩٨١ پاش زیادبونی گوشاری دەزگا ئەمنییەکان و ئاشکرابونی پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری کەرتی ٤ی جەباریی سەر بەهەرێمی ٥ی قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد.

ساڵی ١٩٨٢ دوای پێکهێنانی تیپەکان، چۆتە سنوری تیپی ٥٧ی سەگرمەو لەکەرتی ٣ی هەمەوەند درێژەی بەپێشمەرگایەتیی داوە. هەر ئەو ساڵە لەوێ بۆتە جێگری فەرماندەی مەفرەزەو هەر ئەو ساڵەش بەشداریی لەدوو ئۆپەراسیۆنی هێزی پێشمەرگەدا کردووە کە هەر یەکێکیان واتای تایبەتی خۆی هەیە. یەکەمیان بەشداربونێتی لەگرتنی یەکەم رەبیە لە کوردستاندا کە رەبیەکەی سەر گوندی کەڵەڕەشە لە ناوچەی سەنگاو، کەئیتر لێرە بەدواوە هێرش کردنە سەر رەبیەکان سامی شکا و کۆتایی بەم تیۆرییە باوە هات کەگوایە «رەبیە هەرگیز دەستی بەسەردا ناگیرێ»، دووەمیشیان بەشداربونێتی لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران کە چەردەیەك مانای نەتەوەیی رون و رۆشنی لە خۆ گرتبوو. ساڵی دواتر بووەتە فەرماندەی مەفرەزەو ساڵی ١٩٨٦ بووەتە فەرماندەی کەرتی ٣ی هەمەوەند.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا کە تێیدا پێنج جار بە سەختی بریندار بووە، بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی گرتنی بێتواتە (١٩٨٣)، دابان-هەلاج (١٩٨٥)، گرتنی

سەنگاو و قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، داستانی رزگاری(١٩٨٧) و بەشێکی شەڕەکانی دەشتی هەولێرو شارباژێر.

ساڵی ١٩٨٨ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٥٩ی حەمرین و هەر لەو ساڵەشدا رۆڵێکی کارای لەبەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا گێڕا و دواتریش بەشدار بوو لەچالاکیی پارتیزانی لەگەرمیان.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩دا لە شەڕێکدا بریندار بوو و بۆ چارەسەر گەیەنرایە نزیك شاری سلێمانی بەڵام لەبازگەی تاسلوجە دەستگیر کرا و رادەستی دەزگا ئەمنییەکان کرا. بۆ ماوەی زیاد لەساڵێك لە گرتوخانەی ئەمنە سورەکە هێڵدرایەوە و خرایە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە بەو مەبەستەی کەشوێنی پێشمەرگە پارتیزانەکان ئاشکرا بکات بەڵام ئەو هیچ نهێنییەکی نەدرکاند.

لە راپەڕینی ١٩٩١دا لەگەڵ رزگارکردنی شاری سلێمانیدا لە ٧ی ئازار، لەگرتوخانەی ئەمنە سورەکە ئازاد کرا. لەگەڵ ئازادبونی، بەشداریی لە شەڕەکانی قەرەهەنجیرو کەرکوکدا کرد.

پاش راپەڕین لێپرساوەتیی پاراستنی بارەگای مەڵبەندی ٢ی رێکخستنی کەرکوکی لە گوندی گۆپاڵەو پاشان لەتەکیە پێ سپێردرا. دواتر بەشداریی لەخولی یەکەمی ئەفسەرانی قەڵاچوالاندا کردو پلەی مولازمی دووەمی پێ بەخشرا. دوا پلەی لەفەرماندەیی هێزی پێشمەرگەدا رائید بوو.

لە سەروبەندی ئەو پشێوی و پاشاگەردانییەی کە پاش روخانی رژێمی بەعس سەرتاسەری عیراقی گرتەوە، لە ٢٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا لە ناو شاری کەرکوك تیرۆر کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* کەڵەڕەش (چالاکیی هێزی پێشمەرگە).

## مەغدید قادر رەسول



پێشمەرگە و کادیری دێرینی رێکخستن و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی وەڵزێی ناوچەی چۆمان لە پارێزگای هەولێر. خوێندنی سەرەتایی لەگوندی وەڵزێ دەست پێکردووەو لە شارۆچکەی قەسرێ تەواوی کردووە. ساڵی ١٩٧٥ لە سۆنگەی هەرەس هێنانی شۆڕشەوە بە خاو و خێزانەوە ئاوارەی ئێران بووەو هەر لەوێ درێژەی بە خوێندن داوەو قۆناغی ناوەندیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٦ کاتێك خانەوادەکەی و دەیان ماڵی تری دەڤەری پشدەر- بیتوێن گەڕانەوە بۆ عیراق، دەم و دەست لە خانەقینەوە گوێزرانەوە بۆ سنوری پارێزگای ئەنبارو لە گوندی حسێبەی رۆژهەڵاتی نزیك شاری رومادی، نیشتەجێ کران. لەوێ ژیانێکی کولەمەرگی و گوزەرانێکی ناهەمواریان بەسەر برد.

ساڵی ١٩٧٧ بە سەردانێکی نهێنی چوو بۆ هەولێرو لەوێوە سەری لە ناوچەی باڵەکایەتی و بناری قەندیل دا و پەیوەندیی بە پیرۆت نەبییەوە کرد کە یەکێ لە کادیرە دیارەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو و پەیوەندیی رێکخراوەیی لەگەڵدا دروست کرد.

پاش گەڕانەوەی بۆ رومادی بە چەند مانگێك، حکومەتی بەعس رێی بە خێزانە کوردە دورخراوەکان دا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. لێرە بەدواوە لە هەولێر نیشتەجێ بوو. لەو ماوەیەدا پەرەی بە چالاکییەکانی دا لە ناو رێکخستنەکانداو بەرپرسیاریی بەڕێوەبردنی چەند هێڵێکی رێکخستنی لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی پیرزین،

شاوەیس، بەستۆرەو ناو هەولێر گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٧٩ کرایە ئەندامی ڕێکخراو و لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی ئـۆردوگـا زۆرەملێکانی پیرزین، بەستۆرەو شاوەیسی پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە دەزگا ئەمنییەکان لە هەولێر دەستگیریان کردو پاش نزیکەی مانگێك ڕەوانەی کەرکوك کرا و تۆمەتی ئەوەی خرایە پاڵ کە پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە هەیە، بەڵام بەر لەوەی بدرێ بە دادگا، بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا.

ساڵی دواتـر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە شێنێ و زەڵێ کاری کرد. ساڵی ١٩٨٢ کرایە کادیری ناو هێزی پێشمەرگەو لە سنوری ناودەشتی بناری قەندیل ئەرکی ڕێکخستنی تیپی ٧٣ی قەندیلی پێ سپێردرا. ساڵی پاشتر لەسنوری دۆڵی شارۆشی بناری قەندیل ئەرکی ڕێکخستنی تیپی ٧٩ی شەهیدانی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٤ بەشداریی لە کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانـدا کـرد لە دۆڵـی مێرگەپان و دواتریش بەشدار بوو لە خولی کادیران لە گوندی کانی توی دۆڵی مەرگە.

ساڵی ١٩٨٥ کرایە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی چۆمان و بەرپرسی ڕێکخستنی پێشمەرگەی تیپەکانی ٧٤ی باڵەك و ٧٨ی کـاروخ و تیپی مەڵبەندی ٣ کە بارەگاکەی لە گوندی وەرتێ بوو. ساڵی ١٩٨٦ کرایە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە سنوری تیپی ٦١ی کۆڕەش لەگوندی شێنێ و تیپی ٥٦ی گەڵاڵە لەگوندی قەڵاتوکان و بنکەی هێزی قەندیل لە دۆڵی شەهیدان کە بارەگاکەی لەگوندی سورە دێ بووە.

ساڵی ١٩٨٨ دوا بە دوای پێکهێنانی تیپی ٧٣ی قەندیل، کرایە فەرماندەی کەرتی ٣ی ئـەو تیپە. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە دۆڵەکۆگە لە قەندیل گیرسایەوە. هەمان ساڵ دوای تێکەڵاوکردنی تیپی ٧٣ی قەندیل و تیپی ٨٣ی هەورێ و پێکهێنانی تیپێکی تازە بە ناوی تیپی ٨٣ی قەندیل، کرایە ڕابەری سیاسی و بەرپرسی دارایی تیپە تازەکە. ساڵی دواتـر، پاش پێکهێنانەوەی تیپی٧٣ی قەندیل و تیپی ٨٣ی هەورێ، بووە ڕابەری سیاسی و بەرپرسی دارایی تیپی ٧٣ی قەندیل، ساڵی ١٩٩٠ لە یەکێ لە تیپەکانی بەتالیۆنی ٤ کە فەرماندەکەی ڕەحمان سەیدە بوو، کرایە ڕابەری سیاسی.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشدارییەکی کارای کردو لەگەڵ هێزەکاندا دابەزی بۆ ڕانیەو دواتریش وەك پێشمەرگەی بەتالیۆنی ٤ لە قۆڵی ڕەحیماوا و باجوان بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی کەرکوکدا کرد.


لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری شـەڕو چالاکییەکانی هـێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان (١٩٨٢)، ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە (١٩٨٣)، شەڕەکانی کونەسەی ڕانیە (١٩٨٤) و دۆڵی خانەقا (١٩٨٥)و ڕەزگەو مارەدوو (١٩٨٧) و هەڵەبجە و سادر (١٩٨٨).

دوای ڕاپەڕین کرایە ڕابەری سیاسی لە بەتالیۆنی ١٠ی ماکۆك لە ڕانیە کە فەرماندەکەی عەلی نەبی بوو. ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کردو پاش کۆنگرە کرایە بەڕێوەبەری هەواڵگریی لیوای ٢٣ی بیتوێن.

ساڵی ١٩٩٣ بووەئەندامی مەڵبەندی ٨ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین. لە ماوەی نێوان ١٩٩٦-٢٠٠٤دا بەشداریی لە خولی فەرماندەیی کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالاندا کردو لە ماوەی جیاوازدا لە سنوری ڕاپەڕین بەرپرسی چاودێری و پشکنینی فەرماندەییەکانی بالیسان و بیتوێن و پارێزگاری بووە و ساڵی ٢٠٠٤ بۆتە جێگری بەڕێوەبەری بەشی جولان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی

پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتن لە سلێمانی.
ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی یەدەکی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. دواتر بووە ئەندامی ئەنجومەن و وەك ئەندامی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکان کاری کرد.
ساڵی ٢٠١١ کرایە جێگری فەرماندەیی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن.

## مەغدید کوێخا عەبدوڵڵا*



فەرماندەی کەرت. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١ی گوندی کانی بناوی بناری چیای کۆسرەت. باوکی، کوێخا عەبدوڵڵا، لە پێشمەرگایەتیدا سەرلق بووەو لە ساڵی ١٩٦٩دا لە شەڕی قەمچوغە لە نزیك شارۆچکەی دوکان شەهید کراوە. دوو برای، عەبدولڕەحمانو میرزا، لە پێشمەرگایەتیدا شەهید بون. یەکەمیان لە ساڵی ١٩٦١دا لەگوندی کانی وەتمان بە بۆردومانی فڕۆکە شەهید بوەو دووەمیان لە ساڵی ١٩٦٩دا، پاش شەهیدبونی باوکی بە یەك مانگ، لە شەڕێکدا لەگوندی پۆشێنی ناوچەی شارباژێر، شەهید بوە.

مەغدید لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا لەلای باوکی بۆتە پێشمەرگە. لەو شەڕەی کەباوکی تێیدا شەهید بووە، ئەویش بە سەختی بریندار بووە. هەروەها لە شەڕەکەی پۆشێن کەمیرزای برای تێدا شەهید بووە، ئەویش بریندار بووە.

مەغدید بە بنەماڵە لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. پاش شەهیدبونی میرزای برای، کرایە سەرلق لە ناوچەی شارەزور. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی، بەردەوام بووە لەسەر پێشمەرگایەتیو لە ساڵانی ١٩٧٤و ١٩٧٥ یش درێژەی بە ژیانی پێشمەرگایەتی داوە.

ساڵی ١٩٧٧، دوو ساڵ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٠ دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی لەگەڵ ٢٧ هاوڕێیدا دەستگیریان کردو گواستییانەوە بۆ دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە کەرکوك. لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا بۆ ماوەی حەوت مانگ لە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدا بوو. دواتر گوێزرایەوە بۆ گرتوخانەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی بەغداو لەوێدا نۆ مانگ بە دەستگیرکراوی مایەوە. لەو سۆنگەیەوە کە هیچ یەکێ لەدەستگیرکراوەکان هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنی ئاشکرا نەکردبوو، ساڵی ١٩٨١ هەموویان ئازاد کران. هەر ئەو ساڵە مەغدید پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ماوەیەك لە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوزەنگو توژەڵە مایەوە.

ساڵی ١٩٨٢ پاش پێکهێنانی تیپی ٩٣ی کۆسرەت کەفەرماندەکەی محەمەد مەحمود محەمەد باخ بوو، لێپرسراوەتیی فەرماندەی کەرتی لەو تیپە پێ سپێردرا. لەو ماوەیەدا ئازایەتییەکی زۆری لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکاندا نواند و بەشداریی لە چەند چالاکییەکی گەورەی هێزی پێشمەرگەدا کرد لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان (١٩٨٢) و شەڕی کانی وەتمان (١٩٨٣).

لە ٢٧ی کانونی دووەمی١٩٨٣دا لە بۆسەیەکی جاشەکاندا لەگوندی ئەسریلانی ناوچەی سەرکەپکان، پاش شەڕێکی دەستەویەخە، شەهید کرا.

## مەفرەزە

دەستەیەکی چەکدارە بچوکترین یەکەی هێزی پێشمەرگە پێکدێنێ، ئەرکەکەی ئەنجامدانی چالاکیی پێشمەرگانەیە. لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشدا هانا بۆ پێکهێنانی ئەم یەکەیە وەك لەبارترین یەکە بۆ هەلومەرجی شەڕی پێشمەرگانە برا. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان کە شاسوار جەلال لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا نوسیویەتی، هەر مەفرەزەیەك لە ٨-١٢ پێشمەرگە، لەوانە سەردەستەو جێگرەکەی و رابەری سیاسی، پێکدێ.

ئەم یەکەیە بوو بە بنەمایەك بۆ پێکەوەنانی یەکەی گەورەترو بەدرێژایی ساڵانی پێشمەرگایەتی رۆڵێکی کارای لە رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دوژمندا گێڕا.


## مەفرەزە سەرەتاییەکان

گروپە چەکدارەکانی ساڵی ١٩٧٦ کە ئەرکی سەرەکییان جاڕدانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بوو لە ناوچە لادێ نشینەکان. سێ سەرچاوەیان هەبوو:

١-کوانوی سوریا کە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی سەرپەرشتیی دەکرد. ئەو دەستە چەکدارانەی لەوێوە بە ناو خاکی تورکیادا بۆ دەڤەری بادینان نێردراونەتەوە، مەشقپێکراوو سازکراو بوون بۆ هەلومەرجی شەڕی پێشمەرگانەو هەموو پێداویستییەکانیان لە ڕووی چەك و تەقەمەنییەوە بۆ دابین کرابوو. ئەو دەستە چەکدارانە پۆل پۆل بۆ ناو وڵات نێردران.

٢-کوانوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکان کە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٦ بەدواوە دەستەی چەکداری لە ناوچەکانی شارباژێڕو دۆڵی جافەتی و قەرەداغ و هەڵەبجەو شارەزوورو کۆیەو خۆشناوەتی و ئاکۆیەتی پێکهێنا .

٣-کوانوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کە لە مانگی حوزەیران بەدواوە دەستەی چەکداری لە باڵەکایەتی و قەندیل و پشدەرو سەنگەسەر و



دۆڵی جافەتی پێکهێنا.

ناوچەی بادینانی لێ بترازێ کە هەموو دەستە چەکدارەکانی زوو لە ناو بران، مەفرەزە سەرەتاییەکان لە زۆربەی ناوچەکان پەرەیان سەندو قەوارەی هێزی پێشمەرگەیان گەورەتر کرد.

مەفرەزە سەرەتاییەکان لە هەلومەرجی باڵادەستیی ستراتیجیی دوژمندا کەوتنە گەڕ و لەم سۆنگەیەوە هەڵسوڕانی پێشمەرگانەیان زۆر ناخۆشی و ئاستەنگ و کۆسپی گەورەی هاتە بەردەم. ئەو مەفرەزانە لەبەر ئەوەی پێویستیان بەبڕێکی زۆرتری ڕێکخستن هەبوو و کەمترین بڕی هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبوو و لەباری چەك و تفاقی شەڕدا کەموکوڕییان زۆر بوو و یەك سەرکردایەتیی یەکگرتووشیان نەبوو، دووچاری دژوارییەکی زۆر هاتن، بەڵام بەرزیی ورەیان و ئازایەتیی لەڕادەبەدەریان و لەخۆبوردەیی و هەڵکشاویی هەستی نیشتمانییان قەرەبووی هەموو کەموکوڕییەکی کردەوەو وای کرد بتوانن بەسەر هەموو دژوارییەکاندا زاڵ بن.

لە ساڵانی دواتردا سیستمی مەفرەزە لەسۆنگەی گەشەکردنی هێزی پێشمەرگەوە گۆڕانی بەسەردا هات. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە مەفرەزە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ١٠ تا ١٥ پێشمەرگە پێکدێ. فەرماندەی تیپ بەڕاوێژ لەگەڵ رابەری سیاسیی تیپو بەرەزامەندیی لێپرسراوی پێشمەرگایەتیی مەڵبەند، فەرماندەی مەفرەزە دادەنێ. هەر ٣ تا ٤ مەفرەزە یەك کەرت پێکدێنن. سەرەڕای گۆڕانی رەوشی پێشمەرگایەتی، بە درێژایی ماوەی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩٠ مەفرەزە وەك بچوکترین یەکەی هێزی پێشمەرگە ماوەتەوەو هەرگیز بایەخی خۆی لەدەست نەداوە.

## مەکتەبی راگەیاندن (١٩٧٨- ١٩٩١)

ئۆرگانی بەڕێوەبردنی سیاسەتی راگەیاندن. مێژووی دامەزراندنی ئەم مەکتەبە بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە، کاتێك لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بڕیاری دروست کردنی چەند دەزگایەك و رێکخستنەوەی چەند دەزگایەکی درا.

لەم رووەوە بڕیار درا فازل کەریم ئەحمەد لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن بێ. یەکەم بارەگای مەکتەبی راگەیاندن لە زەڵێ دانرا. لە ئازاری ١٩٧٩دا بارەگاکە گوێزرایەوە بۆ نۆکان. لەو کاتەدا دەزگای راگەیاندن نە چاپخانەی هەبوو نە هیچ چاپەمەنییەکی دەردەکرد. بارەگای ئێزگە بە بارەگای دەزگای راگەیاندن دادەنرا، جگە لەوەی کە دەزگاکە هیچ ئەندامی مەکتەبی نەبوو. ئەوانەی لەو کاتەدا لەوێ کاریان دەکرد، بە کادیری راگەیاندن دادەنران و یەکەم ستافی دەزگاکە لە موحسین عەلی ئەکبەر، فەرید ئەسەسەرد، پشکۆ سەعید ناکام پێکهاتبوو. پاشان هشیار عابد وەك تەکنیککار بۆ ئێزگە گوێزرایەوە.

لە نیساندا بارەگاکە بۆ توژەڵە گوێزرایەوە و پاشان بۆ گردی مامەوڵا بەرامبەر بەگوندی داوداوێ، لەوێ بەرنامەیەك بۆ دابین کردنی ئامێرو پێداویستییەکانی چاپ دانرا، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا تازە رژێمی شا روخابوو و دەرفەتێکی باش بۆ پەیداکردنی پێداویستییەکان لە شارەکانی ئێران هەبوو. بەمجۆرە، هەموو پێداویستییەکانی چاپخانە دابین کران. پاش پەرەسەندنی ئیشوکاری مەکتەبی راگەیاندن، چەند کادیرێکی تر بۆ مەکتەبی راگەیاندن گوێزرانەوە لەوانە کاوە حەمە ساڵح یار ئەحمەدو یاسین ئەحمەد عەلی. مانگی ئەیلول بارەگای مەکتەبی راگەیاندن گوێزرایەوە بۆ زەڵێ و لەو ماوەیەدا چەند کادیرێکی

تری بۆ زیاد کرا لەوانە هەڤاڵ کوێستانی، ئاسۆ عەلی، جەزا عەبدولواحید، بورهان مستەفا، حەمە ئەمین عەبدوڵڵا و جەمیل ڕەنجبەر.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٠، بەپێی ئەو بڕیارەی کە دەبێ هەر دەزگایەك نوێنەری هەر سێ لایەنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزووتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتیی تێدا بێ، هەر یەك لە شەریف مەولود وەك نوێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیست و حسێن سنجاری وەك نوێنەری هێڵی گشتی بۆ مەکتەبی ڕاگەیاندن گوێزرانەوە. دواتر عومەر عەزیز قادر جێی شەریف مەولودی گرتەوە.

هاوینی ئەو ساڵە بارەگاکە گوێزرایەوە بۆ توژەڵەو تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ لەوێ مایەوە. لە تەموزی ١٩٨٠دا فڕۆکەکانی عیراق ناوچەی سەرکردایەتییان بۆردومان کردو لەم سەروبەندەدا بارەگای هاوینەی مەکتەبی ڕاگەیاندن بۆردومان کرا و لە ئاکامدا کادیری ڕاگەیاندن بورهان مستەفا شەهید بوو. لە ئابدا ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی عیراق کەوتەوە کارو لەم سەروبەندەدا مەکتەبی ڕاگەیاندن کرا بە دوو بۆرد: بۆردی چاپخانەو بڵاوکردنەوە کە فازل کەریم ئەحمەد سەرپەرشتیی دەکردو بۆردی ئێزگەکە خرایە ژێر سەرپەرشتیی ئەرسەلان بایزەوە.

ساڵی ١٩٨١ لە دوای هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، فازڵ کەریم ئەحمەد وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا و چوو بۆ ئەوروپا. ئەرسەلان بایز وەك لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن جێی گرتەوە.

ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی هەلومەرجی شەڕەوە، مەکتەبی ڕاگەیاندن گواستییەوە بۆ سەرشیو و لەوێوە چوو بۆ باوزێ لە ناوچەی پشدەر، بەڵام لەوێ هەر لە ژێر هەڕەشەی تۆپباراندا بوو، بۆیە لەحوزەیراندا بارەگاکە گوێزرایەوە بۆ دۆڵی جافەتی. لەوێ بارەگای ڕادیۆ لە سەرگەڵوو دانرا و بارەگای چاپخانە لەگوندی هەڵەدن، دواتر ئەویش گواستییەوە بۆ بەرگەڵوو، بەڵام ڕادیۆو چاپخانە لەیەك بارەگا تێکەڵ بە یەکتری نەکران.

ساڵی ١٩٨٦ مەکتەبی ڕاگەیاندن ڕێك خرایەوە. دکتۆر فوئاد مەعسوم بووە سەرپەرشتیاری ڕاگەیاندن، ئەرسەلان بایز وەك لێپرسراوی مەکتەب مایەوەو هەر یەک لە یوسف زۆزانی و سامی شۆڕش ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن بوون. ساڵی ١٩٨٧ سەرلەنوێ مەکتەب ڕێکخرایەوە. دکتۆر فوئاد مەعسوم وەك سەرپەرشتیاری دەزگای ڕاگەیاندن و ئەرسەلان بایز وەك لێپرسراوی دەزگاکە مانەوە، فەرید ئەسەسەرد کرایە ئەندامی مەکتەب و هەموو مەکتەب کرایە دوو بۆرد، بۆردی چاپخانە کە سامی شۆڕش لێپرسراوی بوو، بۆردی ئێزگە کە فەرید ئەسەسەرد لێپرسراوەتیی گرتە ئەستۆ. ساڵی دواتر، موحسین عەلی ئەکبەر لە جێی سامی شۆڕش کرایە ئەندامی مەکتەب و لێپرسراوی بۆردی چاپخانە.

لەو ماوەیەدا مەکتەبی ڕاگەیاندن بارەگایەکی یەدەگی بۆ کاتی تەنگانە لە دۆڵەکۆگە دانا. ساڵی ١٩٨٨، پاش پەرەسەندنی مەترسییەکانی شەڕ، بەشێکی کادیرەکانی دەزگای ڕاگەیاندن گوێزرانەوە بۆ دۆڵەکۆگە. لە بۆردی ڕادیۆ، فەرید ئەسەسەرد، سەربەست حسێن، فەرهاد سەنگاوی، خالید دۆسکی، شوان کابان و لە بۆردی چاپخانە موحسین عەلی ئەکبەر، بەختیار حەمە شەریف، غالب محەمەد، سۆران جەلال عەزیز، مەهدی یەدۆڵڵا شەفی، زاهیر سدیق و چەند کەسێکی تر چوون بۆ دۆڵەکۆگە.

ساڵی ١٩٨٨ بە هۆی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە دەزگای ڕاگەیاندن شپرزەیی بە خۆوە بینی. لەنیساندا بەشێك لە کادرەکانی چاپخانە، لە سەقز ئەرکەکانیان ڕاپەڕاند و دواتر ستافی چاپخانە هەمووی لەوێ

جێگیر بوو. رادیۆش لە مانگی تەموزدا گوێزرایەوە بۆ بەفری میری لە هەڵەبجە، بەڵام بەر لەوەی کە بەتەواوی لەوێ دابمەزرێ، لەبەر وەستانی شەڕی عیراق- ئێران و ئەگەری گەڕانەوەی هێزەکانی عیراق بۆ ناوچەکە، بەپەلە گوێزرایەوە بۆ قاسمە ڕەش و بۆ ماوەی سێ مانگ یەکێتی بەبێ رادیۆ مایەوە. دواتر، لە مانگی ئابدا لە سەقز دانرایەوەو لە تشرینی یەکەمدا دەستی بەکارکردن کردەوە.

لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی راگەیاندن بەسەرپەرشتیی دکتۆر فوئاد مەعسوم لە سەقز، بڕیار درا فەرید ئەسەسەرد نوێنەرایەتیی راگەیاندنی یەکێتی بکا لە دەزگای راگەیاندنی بەرەی کوردستانی لەگوندی راژان. دواتر هەندێ گۆڕانکاری لەم بارەیەوە هاتە ئاراوە. فەرەیدون عەبدولقادر بووە لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن، ئەرسەلان بایز وازی لە لێپرسراوەتیی مەکتەبی راگەیاندن هێنا و بووە نوێنەری راگەیاندنی یەکێتی لە دەزگای راگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە ڕاژان، فەرید ئەسەسەرد گەڕایەوە بۆ سەقزو سەرنوسەریی رۆژنامەی رێبازی نوێی گرتە ئەستۆ، ئازاد چالاك بووە بەڕێوەبەری رادیۆ، موحسین عەلی ئەکبەر وەك لێپرسراوی چاپخانەو یوسف زۆزانی وەك سەرنوسەری رۆژنامەی شەرارە مانەوە.

تا راپەڕینی ١٩٩١ فەرەیدون عەبدولقادر بەلێپرسراوی دەزگای راگەیاندن مایەوە. لە ماوەی نێوان سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ و راپەڕینی ١٩٩١دا ئەندامانی مەکتەب ئەمانە بوون: ئازاد چالاك، موحسین عەلی ئەکبەر و سەعدون یەدوڵڵا شەفی. لەم ماوەیەدا چەند کادیرێکی تازە لەدام و دەزگاکانی ترەوە بۆ دەزگای راگەیاندن گوێزرانەوە لەوانە ئازاد جندیانی، عەباس بەدری، فریاد رەواندزی، یوسف شەریف، جەلیل محەمەد مراد (کرمانج).

ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە مەکتەبی راگەیاندن لە ماوەی نێوان ١٩٧٨- ١٩٩١ بە زمانی کوردی دەری کردوون: هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، رێبازی نوێ.

ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە بە زمانی عەرەبی دەری کردوون: شەرارە، خەنادق، سەوت ئەلئیسبوع، بڵاوکراوەی ئینسات.

## مەکتەبی سیاسی

ئۆرگانی جێبەجێکاری سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. دەستەواژەکە ئاماژە بۆ ئەو دەزگایە دەکات کە رۆڵێکی سەرەکیی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا هەیە. هەرچەند ئەم دەستەواژەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە فراوانی بەکار دەهێنرێ، بەڵام ریشەی بۆ حزبە کۆمۆنیستەکان دەگەڕێتەوە و لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا بە Polite buro ناسراوە. یەکەم مەکتەبی سیاسی لە مێژوی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا بۆ ساڵی ١٩١٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی روسیا دەستەیەکی بچوككراوەی بۆ خێرا جێبەجێکردنی سیاسەتە بڕیارلێدراوەکان پێکهێنا .

دامەزراوەی مەکتەبی سیاسی لە حزبە کۆمۆنیستەکانەوە گوێزرایەوە بۆ ناو حزبە پێشکەوتنخوازەکانی رۆژهەڵات، لەوانە حزبە کوردییەکان. یەکەم مەکتەبی سیاسی لە کوردستان ساڵی ١٩٤٤ لە ناو حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق ( ناسراو بە حزبی شۆڕش) بە سەرۆکایەتیی ساڵح حەیدەری پێك هێنراوە. ساڵی ١٩٤٥ کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، بە لاساییکردنەوەی حزبە کۆمۆنیستەکان، مەکتەبی سیاسیی پێکهێنا. بەڵام جگە لە فاکتەری لاساییکردنەوەی حزبە

کۆمۆنیستەکان، هۆیەکی تریش هەیە کە یارمەتیدەر بوو بۆ بڵاوبونەوەی ئەم نەریتە، ئەویش ئەوەیە کە بوونی مەکتەبی سیاسی، واتە دەستەیەکی بڕیاردەری بچوککراوەی سەرکردایەتی، زۆر بە کەڵکی چالاکیی سیاسیی نهێنی دێ، ئەویش لەبەر دوژاریی کۆبونەوەی هەموو سەرکردایەتی لە یەك شوێن لە کاتی پێویستدا بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو.

ڕۆڵی مەکتەبی سیاسی لە ژیانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازیی هەیە، بەتایبەتی کە ئەم دامەزراوەیە لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا نەبوو، بەڵکو دوو ساڵ پاش دامەزراندنی پێك هێنراوە. بە شێوەیەکی گشتی، دەتوانرێ مێژوی مەکتەبی سیاسی بکرێ بە سێ قۆناغەوە. قۆناغی یەکەم: ماوەی ساڵانی ١٩٧٧ – ١٩٩٢ ، قۆناغی دووەم: ماوەی ساڵانی ١٩٩٢ – ٢٠١٩، قۆناغی سێیەم: لە ساڵی ٢٠١٩ بەدواوە.

**قوناغی یەکەم (١٩٧٧ -١٩٩٢)**

لە قۆناغی بەرایی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٧٥، هێشتا پەیکەری ڕێکخراوەیی، سەقامگیر و جێگیر نەببوو، تەنانەت دامەزراوەی سەرکردایەتیش هێشتا کۆتا فۆرمی وەرنەگرتبوو. لە کۆتاییدا دامەزراوەی بەرایی سەرکردایەتی کە بە دەستەی دامەزرێنەر ناسراوە، لەسەر حەوت ئەندام گیرسایەوە. لەم سۆنگەیەوە، لە بەراییدا هیچ کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی نەبوو و لە بەرەنجامدا هیچ مەکتەبێکی سیاسی پێك نەهات، چونکە مەکتەبی سیاسی لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێ.

دەستەی دامەزرێنەر بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی، تا ساڵی ١٩٧٧ ناوەندی سەرەکیی دروستکردنی بڕیار بوو. هەرچەند لە هەمبەردا، دەستەیەکی دیکەی دامەزرێنەر لە ناو وڵات، لە نوێنەرانی هەر یەك لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان پێك هێنرا، بەڵام دەستەی دامەزرێنەری دووەم، ئەوەندەی وەك دریژەپێدانی دەستەی دامەزرێنەری دەرەوەی وڵات چالاکیی نواندووە، ئەوەندە وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ کاری نەکردووە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە لە ناو دەستەکەدا ئەندامی کارا و کاریگەر هەبوو.

لە ئەیلولی ١٩٧٦دا دەستەی دامەزرێنەر یەکەم پرۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی دەرکرد و بڕیار بوو تا بەستنی کۆنگرەی یەکەم کاری پێ بکرێ. پەیڕەوی ناوخۆ هیچ بە لای پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیدا نەچوو و ئەم پرسەی بۆ کۆنگرەی چاوەڕوانکراو هێشتەوە. دەستەی دامەزرێنەر تا بەستنی کۆنگرە یان پلینۆم، بە « دەزگای ناوەندیی بەرپرس لە ڕێکخستنی سیاسی و عەسکەری» دانرا، وەك لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتبوو.

پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ کوردستان، یەکەم کۆبونەوەی فراوانی سەرکردایەتی لە کۆتایی ئابی ١٩٧٧ لە برادۆست بەسترا. لەو کۆبونەوەیە کاروباری پێشمەرگەیی و سیاسی و ڕێکخراوەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێکخرا و یەکەم کۆمیتەی سەرکردایەتی لە نوێنەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی پێك هێنرا. کۆمیتەی سەرکردایەتی بە تاڵەبانیەوە لە ١٩ ئەندام پێك هات، ئەویش بەم شێوەیە:

تاڵەبانی وەك سکرتێری گشتی، شەش نوێنەر لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران کە ئەمانەن: نەوشیروان مستەفا، شاسوار جەلال ناسراو بە ئارام، مەلا بەختیار، سالار عەزیز، ئازاد هەورامی و عومەر عەبدوڵڵا، شەش نوێنەر لە بزوتنەوەی سۆسیالیست کە ئەمانەن: عەلی

عەسکەری، عومەر مستەفا، رەسول مامەند، خالید سەعید، تاهیر عەلی والی بەگ و سەعدی عەزیز، یەك نوێنەر لە هێڵی گشتی: حسێن بابە شێخ و پێنج نوێنەر لە دەستەی دامەزرێنەر کە ئەمانەن: دکتۆر کەمال فوئاد، دکتۆر عومەر شێخموس، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل موراد و عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا.

پاشتر، لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، یەکەم مەکتەبی سیاسی لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە پێنج ئەندام پێکهات کە ئەمانەن: تاڵەبانی، شاسوار جەلال، سالار عەزیز، عەلی عەسکەری و رەسول مامەند.

دوو فاکتەر لە پشت پێکهێنانی مەکتەبی سیاسییەوەن، یەکێکیان ئایدیۆلۆژییە و ئەوەی تر کردارەکی. لە روی ئایدیۆلۆژییەوە، مەکتەبی سیاسی بەشێکی کەلەپوری جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهان پێکدێنێ و وەك نەریتی لێ هاتبوو کە هەر حزبێکی شۆڕشگێڕ هەر دەبێ مەکتەبی سیاسیی هەبێ. ئەمە لە لایەك. لە لایەکی ترەوە، بونی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ بارودۆخی شەڕی پێشمەرگانە گونجاو بوو، چونکە دەرفەتی کۆبوونەوەی هەموو سەرکردایەتی، لەبەر هەلومەرجی شەڕ، ئاسان و کراوە نەبوو، لە کاتێکدا کۆبونەوەی ژمارەیەکی کەمتری ئەندامانی سەرکردایەتی کە دەستکراوەترن بۆ خێرا بڕیاردان، گونجاوتر و رەخساوتر بوو.

ساڵی ١٩٧٨ یەکەم ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی مەکتەبی سیاسیدا کرا. لە ٣١ی کانونی دووەمدا شاسوار جەلال لە گوندی تەنگیسەر لە ناوچەی قەرەداغ بە دەستی جاشەکان شەهید کرا. دوا بەدوای ئەمە، سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە کاتی بەرێوەچونی خولی دووەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە گوندی نۆکان، ئازاد هەورامیی لە شوێنی شاسوار جەلال دانا. هەر لەو ماوەیەشدا، رەسول مامەند بە هۆی هەندێ کێشەی ناو سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستەوە، وازی لە ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسی هێنا. سەرکردایەتیی بزوتنەوە تاهیر عەلی والی بەگی لە جێی دانا. لە ساڵانی دواتردا، زۆر گۆڕانکاری بەسەر ئەندامەتی و پێکهاتەی مەکتەبی سیاسیدا هات.

لە قۆناغی ١٩٧٧ — ١٩٩٢ دا مەکتەبی سیاسی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دامەزراوەی سەرەکیی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بوو. بۆیە، پشت بەست بەم شیکردنەوەیە، ناتوانرێ ئەرکی مەکتەبی سیاسی لەو قۆناغەدا تەنها لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا قەتیس بکرێ، بەتایبەتی کە کۆبونەوەکانی کۆمیتە سەرکردایەتی درەنگ درەنگ دەبەستران، هەروەك هیچ دەقێك نیە ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە مەکتەبی سیاسی لە دەزگایەکی جێبەجێکار بەولاوە هیچی تر نیە.

لە روی تیۆریکییەوە، ناکرێ مەرجی جێبەجێکاری سیاسەت لە مەکتەبی سیاسی دابماڵدرێ، بەڵام مەکتەبی سیاسی لە پاڵ ئەمەدا، بە مانای وشە دامەزراوەیەکی بڕیاردەر بوو، چونکە بڕیاری لە هەموو پرسە سەرەکییەکان دەدا و بە باڵاترین ئۆرگانی دروستکردنی بڕیار دادەنرا. بونی کەسانی بەتوانا و بەئەزمون لە ناو پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی، لەوانە تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عومەر عەبدوڵڵا، عەلی عەسکەری و نازم عومەر، قورساییەکی زۆری بۆ دامەزراوەکە دروست کردبوو. لەو ماوەیەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەم لە روی سیاسییەوە هەم لە روی پێشمەرگەییەوە، هێزی سەرەکیی کوردستانی پێکدەهێنا و لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیش سەنگێکی زۆری هەبوو. هەر لەسەر دەستی ئەو مەکتەبی سیاسییە، مافی چارەی

خۆنوسین بە پیادەکردنی نمونەی یەکێتیی فیدرال کرایە بەشێکی گرنگی رۆشنبیریی سیاسی، هەروەها پێشنیارکردنی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و دانانی پلانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و سەرکردایەتی کردنی، بە یەکێ لە سەروەرییەکانی ئەو مەکتەبی سیاسییە دەژمێردرێ.

**قۆناغی دووەم (١٩٩٢ – ٢٠١٩)**

ئەم قۆناغە لە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٩٢، لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەست پێ دەکا. لێرە بەدواوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان واز لە شەرعییەتی شۆڕشگێڕی دێنێ و پێ دەنێتە قۆناغی کۆنگرەکانەوە.

ئەوەندەی پرسەکە پەیوەندیی بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەوە هەیە، کۆنگرە ستراکچەرێکی رێکخراوەیی کلاسیکیی بۆ حزب دیاری کرد و بڕیاری هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتیی لە ١٧ ئەندام و شەش جێگر دا کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بە «بەرزترین دەسەڵات» دەژمێردرێ. پاش کۆنگرە، کۆمیتەی سەرکردایەتی لە یەکەم کۆبونەوەیدا سکرتێرو مەکتەبی سیاسیی لە حەوت ئەندام هەڵبژارد. خوێندنەوەی دەسەڵاکانی مەکتەبی سیاسی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم، زۆر بە رونی نیشانی دەدا کە مەکتەبی سیاسی، نەك کۆمیتەی سەرکردایەتی، دەزگای سەرەکیی دروستکردنی بڕیار پێکدێنێ، هەرچەند مەکتەبی سیاسی لە لایەن کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە هەڵبژێردراوە و هەرچەند بڕگەی شەشەم/٧ی پەیڕەوی ناوخۆ کۆمیتەی سەرکردایەتیی بە «بەرزترین دەسەڵات» ناو بردووە. بەڵام هەر هەمان ئەو پەیڕەوەشە کە بڕیاری داوە لە دۆخی ئاساییدا کۆمیتەی سەرکردایەتی لە ساڵێکدا تەنها شەش جار کۆ ببێتەوە، واتە هەر دوو مانگ جارێك، لە کاتێکدا هیچ دەقێك نیە دەسەڵاتی بە کۆمیتەی سەرکردایەتی دابێ لەسەر داوای ئەندامەکانی، لە دەرەوەی چوارچێوەی شەش کۆبونەوەکەی ساڵ، کۆ ببێتەوە. بڕگەی شەشەم/٧/د مەکتەبی سیاسیی لەم رووەوە بالادەستر کردووە، چونکە رێی داوە کۆمیتەی سەرکردایەتی «لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی» کۆ ببێتەوە.

دوو بڕگەی تر هەن، مەکتەبی سیاسی دەستڕۆیشتوتر دەکەن. لەو بڕگەیەی کە تایبەت بە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسییە، واتە بڕگەی شەشەم/٨/ب و شەشەم/٨/ج مەکتەبی سیاسی دەسەڵاتی «لێپرسینەوە»ی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و «مافی» سەرنج ڕاکێشانیانی هەیە.

بڕگەی شەشەم/٨ لە ڕەوتی دیاریکردنی ئەرکەکانی مەکتەبی سیاسیدا، رۆڵێکی کاریگەری بەم دامەزراوەیە داوە کە بە هۆیەوە بۆتە گرنگترین دامەزراوەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تێیدا هاتووە کە مەکتەبی سیاسی سەرکردایەتیی کاروباری سیاسی، رێکخراوەیی، راگەیاندن، دارایی، پەیوەندییەکانی (کوردستانی – عیراقی) دەکات «بەپێی بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی». بڕگەی پاشتر دەسەڵاتێکی دیکەی بە مەکتەبی سیاسی داوە، ئەویش دەسەڵاتی «لەکارخستنی» ئەندامانی سەرکردایەتییە، بەڵام لەم رووەوە مەرجی ڕەزامەندیی زۆرینەی دووسێی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی داناوە.

پەیڕەوی ناوخۆ لەو پەرەگرافەی کە دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسیی تێدا دیاری کراوە، وای داناوە کە مەکتەبی سیاسی جێبەجێکاری بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتییە. پەیڕەو بەم چەشنە گوزارشتی لەم چەمکە کردووە کە مەکتەبی سیاسی «لە نێوان دوو کۆبونەوەی سەرکردایەتیدا، بەرپرسیارە لە

جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی». دواتر دەبینین ئەم بڕگەیە لە پەیڕەوە ناوخۆکانی داهاتووش دوبارە دەبێتەوە.

بەڵام پابەندبون بە دەق پابەندبۆنێکی تۆندوتۆڵ نەبوو. لە ساڵی ١٩٩٣دا تاڵەبانی بانگەوازی بۆ یەکگرتنەوەی چەپەکان بڵاوکردەوە و داوای لە چەپەکان کرد، بۆ بەهێزکردنی بەرەی چەپ، پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بکەن.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتیی رەسول مامەند و باڵێکی ناو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بە شێوەیەکی تاك و تەرا هەندێ لە کادیرەکانی حزبی هەڵوەشاوەی یەکگرتن و پارتی کۆمۆنیستی عیراق، بە دەم بانگەوازەکەوە چون و پەیوەندییان بە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. وەرگرتنی ئەو کادیرانە پێویستی بەوە دەکرد کە لە ناو دامەزراوەی سەرکردایەتیدا جێیان بکرێتەوە. کێشەکە لەوەدا بوو کە پەیڕەوی ناوخۆ دەقێکی تێدا نەبوو رێ بدا پلەی ئەندامی سەرکردایەتی، لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆنگرە، بدرێ بە کادیرانی هاتوو لە حزبەکانی ترەوە. پلینۆمی دووەم کە بەتایبەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە بەسترا، دەریچەیەکی دۆزییەوە کە وەرگرتنی کادیری حزبەکانی لە دامەزراوەی سەرکردایەتی ئاسان کرد. ئەمەش زیادبونی ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی بە شێوەیەکی بەرچاو و ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بە شێوەیەکی کەمتر، لێ کەوتەوە. سەربار، گەڕانەوەی ژمارەیەك لە سەرکردە دێرینەکان بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بووە هۆی ئەوەی پلەی ئەندامی سەرکردایەتییان پێ بدرێتەوە، دامەزراوەی سەرکردایەتیی قەبەتر کرد. سەرباری ئەم دیاردەیە، دیاردەی بەرزکردنەوەی پلەی ئەندامی سەرکردایەتی داهات. بەرزکردنەوەی پلەی ئەندامانی سەرکردایەتی لە جێگرەوە بۆ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و لە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەبێ پشت بەستن بە هیچ دەقێکی پەیڕەوی ناوخۆ، کاریگەریی خراپی لەسەر کاری دامەزراوەیی بەجێهێشت. لە پاڵ ئەمەدا، بەرزکردنەوەی پلەی کادیرە پێشکەوتووەکان بۆ پلەی ئەندامی سەرکردایەتیش داهات. ئەویش هیچ مانایەکی بۆ چەمکی سەرکردایەتی نەهێشت.

قۆناغی پاش کۆنگرەی یەکەم روداوی نەخوازراوی بە خۆیەوە بینی لەوانە بەرپابونی شەڕی ناوخۆ، هاوپەیمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و رژێمی بەعس لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دابەشبونی هەرێم بەسەر دوو حکومەتی ناکۆکدا، کە ئەمەش تەگەرەیەکی زۆری لە بەردەم گەشەکردنی کاری حزبایەتی دروست کرد.

یەکێ لەو دیاردانەی کە لەو قۆناغەدا بە مەکتەبی سیاسییەوە بەستراوەتەوە، ئەوەیە کە ئەندامەکانی، بە بەردەوامی، لێپرسراوەتیی ئۆرگانە گرنگەکانیان گرتۆتە ئەستۆ. دیارە ئەمە پۆستە سەرەکییەکانی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە. لە ساڵی ١٩٩٢دا مەکتەبی سیاسی نەوشیروان مستەفای بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاندید کرد. بەڵام نەوشیروان مستەفا بە دەم پێشنیارەکەوە نەچوو، بۆیە مەکتەبی سیاسی دکتۆر فوئاد مەعسومی کاندید کرد. پاش دەستلەکێشانەوەی مەعسوم لە ساڵی ١٩٩٣، ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی بۆ پۆستەکە کاندید کرا کە کۆسرەت رەسول عەلی بوو. هەر ئەو ساڵە ، کاتێك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێم لە هەشت

ئەندام ڕێك کەوتن، هەر چوار ئەندامەکەی یەکێتی، هەر یەك لە تاڵەبانی، کۆسرەت ڕەسول عەلی، ڕەسول مامەند و عومەر فەتاح، لە مەکتەبی سیاسی بون.

پێکهێنانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی١٩٩٦، بەردەوامیی بە باڵادەستیی مەکتەبی سیاسی دا. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە هەر سێ سەرۆکی حکومەت، کۆسرەت ڕەسول عەلی (تا ٢٠٠١) و دکتۆر بەرهەم ساڵح (٢٠٠١ - ٢٠٠٤) و عومەر فەتاح (٢٠٠٤ — ٢٠٠٥)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بون. لە پێکهێنانی کابینەی یەکگرتووش لە ساڵی ٢٠٠٥، عومەر فەتاح بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت و عەدنان موفتی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کاندید کران، کە هەردوکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بون.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆنگرەی دووەمی لە سلێمانی بەست. پێش کۆنگرە، دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی، هەر یەك لە قادر حاجی عەلی و عومەر عەبدوڵڵا ڕایانگەیاند کە بەنیاز نین بۆ ئەندامەتیی سەرکردایەتیی داهاتوو، خۆیان کاندید بکەن. عومەر عەبدوڵڵا لە نامەیەکدا کە بۆ دوایین کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی نوسی بووی، ئەم نیازەی دەربڕی بۆ ئەوەی «خوێنی گەرم و نوێ بە بەر جەستەی یەکێتیدا بێتەوە». ناوەڕۆکی پەیامەکە زۆر روون بوو، ئەویش ئەوە بوو کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێویستی بە سەرکردایەتییەکی گەنجترە. تاڵەبانی لە «کوردستانی نوێ» وەڵامی دەستپێشخەرییەکەی دایەوە و وتی دەستپێشخەرییەکە بەشدارییە لە «بەدیهێنانی پرنسیپی نوێکردنەوە و گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی».

کۆنگرە لە سەرجەمی ٤٥ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، ٣٧ ئەندامی بە دەنگدانی نهێنی هەڵبژارد و لەسەر داوای تاڵەبانی، کۆنگرە دەنگی بە هەڵبژاردنەوەی حەوت ئەندامی تر دا کە شەشیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بون.

پاش کۆنگرە، مەکتەبی سیاسی لە دە ئەندام پێك هات کە ئەمانەن: نەوشیروان مستەفا، دکتۆر فوئاد مەعسوم، کۆسرەت ڕەسول عەلی، دکتۆر بەرهەم ساڵح، عومەر فەتاح، دکتۆر کەمال فوئاد، عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، فەرەیدون عەبدولقادر، جەبار فەرمان. پێنج ئەندامیش بە جێگر دانران کە ئەمانەن: مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، مستەفا سەید قادر، عەدنان موفتی و جەلال جەوهەر.

هەرچەند بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبوایە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرێن، بەڵام لە دووەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیی تازەدا کە لە قەڵاچوالان بەسترا، پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل کرا و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی نوێ بە یەك پاکێج، بەپێی سازانی پێشوەخت، پەسەند کران و بە هەڵبژاردن دیاری نەکران.

لەو ماوەیەدا تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە زۆر مەسەلە لە ناو مەکتەبی سیاسی سەری دەرهێنا، لەوانە مەسەلەکانی پەیوەست بە شێوازی ئیدارەدانی حزب و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار. ڕەوشەکە گەیشتە ڕادەی بانگەشە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ناوخۆیی و لەم سەروبەندەدا فراکسیۆنێك لە ناو حزب بە سەرکردایەتیی نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت ڕەسول عەلی و عومەر سەید عەلی پێك هات. تاڵەبانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆیی، بە سازان گەیشت، بەڵام ئەمە کۆتایی بە ناکۆکییەکان نەهێنا. ئەم دۆخە کاریگەریی خراپی لە سەر کارایی مەکتەبی سیاسی بەجێ هێشت و دۆخێکی نزیك لە دۆخی قەیرانی لە ناو حزب دروست کرد.

ساڵی٢٠٠٦ نوشیروان مستەفا ریزەکانی یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستانی بەجێ هێشت و دەستی بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی سیاسیی سەربەخۆ کرد. دەرچونی لە حزب، زەقترین نیشانەی درزتێکەوتنی سەرکردایەتی بوو. بە دەرچونی، دەرگا بۆ دەرچونی ژمارەیەکی تری ئەندامانی سەرکردایەتی بە والأیی مایەوە. لەگەڵ گەڵالەبونی پرۆژەی بەشداریکردن لە هەڵبژادنی ساڵی٢٠٠٩ی پەرلەمان بە لیستێکی سەربەخۆ، ژمارەیەك ئەندامی سەرکردایەتی پەیوەندییان پێوە کرد کە لە یەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ٢ جێگری مەکتەبی سیاسی، ٥ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ٣ ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی پێکهاتبون. ئەم ململانێیە بووە مایەی لاوازکردنی مەکتەبی سیاسی و پاشەکشەی رۆڵی لە ژیانی ناوخۆیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

ساڵی ٢٠١٠ حزب کۆنگرەی سێیەمی بەست. کۆنگرەکە کاریگەریی جیابونەوەی گروپەکەی نەوشیروان مستەفای پێوە دیار بوو. ئەمەش لە دەقەکانی پەیڕەوی ناوخۆدا رەنگی دایەوە. پەیڕەوی ناوخۆ ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی زیاد کرد. لە کاتێکدا کە مەکتەبی سیاسی لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی یەکەمدا لە حەوت ئەندام و لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دووەمدا لە دە ئەندام پێکهاتبوو، پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم بڕیاری دا ژمارەکە بگەیەنێتە ١١ ئەندام. بەڵام شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هات، چونکە بە پێچەوانەی هەردوو پەیڕەوی ناوخۆی دوو کۆنگرەی پێشووەوە، مافی هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی سەنرایەوە. بە پێی ماددەی٣٦، دەسەڵاتی کاندیدکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە سکرتێری گشتی درا و ئەوە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی هێڵدرایەوە کە دەنگیان پێ بدا.

لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٠دا ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی تازە بەپێی ئەو میکانیزمەی کە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم دیاریی کردبوو، هەڵبژێردران، بەڵام تاڵەبانی لە جێبەجێکردندا نەختێك گۆڕانکاریی بەسەردا هێنا و لەبری ئەوەی ١١ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کاندید بکات، ٨ ئەندامی بە رەچاوکردنی فاکتەری جوگرافیایی، کاندید کرد. بەم پێیە، لە هەولێر عەدنان موفتی و ئەرسەلان بایزی کاندید کرد، لە سلێمانی هێرۆ برایم ئەحمەد و عومەر فەتاح، لە کەرکوك دکتۆر نەجمەددین کەریم و رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش و لە گەرمیان مەلا بەختیار و عیماد ئەحمەد. بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سێ کورسییەکەی کە ماون، حەوت ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی خۆیان کاندید کرد و لە ناویاندا هەر یەك لە قادر حەمە جان، جەعفەر شێخ مستەفا و مەحمود سەنگاوی دەنگی پێویستیان بەدەستهێنا.

هەرچەند پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم، بە پێچەوانەی دوو پەیڕەوەکەی هەردوو کۆنگرەی یەکەم و دووەمەوە، بە هیچ شێوەیەك باسی پۆستی جێگری مەکتەبی سیاسی تێدا نەهاتووە، کەچی لە حەوت کاندیدە دەرنەچووەکە، پێنجیان کرانە جێگر یان یەدەکی مەکتەبی سیاسی. بێگومان ئەمەش پێشێلکردنێکی زەقی پەیڕەوی ناوخۆ بوو. لە راستیدا، بە کردەوە، هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەندام و جێگری ئەندامی مەکتەبی سیاسی نەبوو، چونکە هەردوو گروپ بەشدارییان لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و گفتوگۆکاندا دەکرد، هەروەك بەشداریشیان لە دەنگداندا دەکرد و لە مووچەشدا یەکسان بون، تەنانەت لە میدیاکانی حزبیش ناویان وەك جێگر نەدەهات، بەڵکو وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی ناویان دەبرا. بەمجۆرە، ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەکردەوە، لە١١ ئەندامەوە بووە ١٦ ئەندام.

پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم، بە بەراورد

لەگەڵ پەیڕەوەکانی پێشتر کەمتر دەسەڵاتی بە مەکتەبی سیاسی داوە. ئەمەش نیشانی دەدا کە ئامادەکارانی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ و کادیرە بەشداربووەکانی کۆنگرە، بە پێویستیان زانیوە بەشێکی دەسەڵاتەکان لە مەکتەبی سیاسی بسەنرێتەوە، بەڵام نەك تا ئەو رادەیەی کە نەتوانێ وەك دەزگای سەرەکیی جێبەجێکار خۆی بنوێنێ. بەپێی ئەم ئاراستەیە، لە ماددەی ٣٥ دا دەسەڵاتی هەڵپەساردنی ئەندامی سەرکردایەتی لە مەکتەبی سیاسی سەنرایەوە و درا بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ماددەکە رێژەی دووسێی بۆ جێبەجێکردنی هەڵپەساردن دیاری کرد. پێشتریش ماددەی ٣٢ لە بڕگەی یەکەمدا مەسەلەی مەرجەعیەتی بە قازانجی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکلا کردبووە و سەلماندبووی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی «لە نێوان دوو کۆنگرەدا بەرزترین دەسەڵاتە».

لە لایەکی ترەوە، پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوەند، وەك دەزگایەکی چاودێر، فاکتەرێکی دیکەی فشاری لەسەر مەکتەبی سیاسی پێکهێنا و نەختێك لە دەستکراوەیی مەکتەبی سیاسیی کەم کردەوە. سەرەنجام، دەبینین لە ماددەی ٣٩ ی پەیڕەوی ناوخۆدا مەکتەبی سیاسی لە پرۆسەی دانانی ئەندامانی مەکتەبەکاندا بە تەواوی دور خراوەتەوە. بڕگەی سێیەمی ماددەکە ئەوەی یەکلاکردۆتەوە کە « هیچ ئەندامێك بەبێ رەزامەندیی ئەنجومەنی ناوەند نابێت بە ئەندامی مەکتەب». سەربار، لە بڕگەی چوارەمدا دەسەڵاتی هەڵپەساردن یان لێخستنی ئەندامی مەکتەب لە مەکتەبی سیاسی سەنراوەتەوە و دراوە بە ئەنجومەنی ناوەند. هەروەها لە بڕگەی پێنجەمدا دەسەڵات بە ئەنجومەنی ناوەند دراوە «داوای رونکردنەوە لەسەر هەر مەسەلەیەك لە هەر ئۆرگانێك بکات» بە مەکتەبی سیاسیشەوە.

بە هەمان پێودانگ، بڕگەی شەشەم دەسەڵاتی بە ئەنجومەنی ناوەند داوە «لێپرسراوی هەر ئۆرگانێك بۆ پرسیار لێکردن و لێپێچینەوە» بانگهێشت بکات کە ئەمەش واتای ئەوەی هەیە کە ئەنجومەنی ناوەند بۆی هەیە لێپرسراوی دەستەی کارگێڕ یان هەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەوانەی کە لێپرسراوەتیی مەکتەب و دەزگا و مەڵبەندەکانیان لە ئەستۆ گرتووە، بۆ پرسیار لێکردن و لێپێچینەوە بانگهێشت بکات. بڕگەی هەشتەمیش ئەو مەرجەی داناوە کە دەبێ لیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنە گشتییەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و شارەوانی و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، لە لایەن ئەنجومەنی ناوەندەوە پەسەند بکرێ. ئاشکراشە کە لیستی پاڵێوراوان بە شێوەیەکی سەرەکی، بە سەرپەرشتیی مەکتەبی سیاسی ئامادە دەکرێ.

سەربار، ماددەی ٤٦ فشاری لەسەر مەکتەبی سیاسی دروست کردووە بۆ لانەدان لە پەیڕەوی ناوخۆ، وەك لە بڕگەی یەکەمدا دەردەکەوێ. هەروەها لە بڕگەی سێیەمدا مافی نوسینی پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم بۆ کۆمیسیۆنی پەیڕەوی ناوخۆی سەر بە ئەنجومەنی ناوەند قۆرخ کراوە و بەم پێیە مەکتەبی سیاسی هیچ رۆڵێکی لە ئامادەکردنی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆدا نەما. بە هەمان پێودانگ، ماددەی ٤٩ دەسەڵاتی کاندیدکردنی کادیرەکانی بۆ پۆستی ئەندامی مەکتەب لە مەکتەبی سیاسی وەرگرتۆتەوە و داویەتی بە لێپرسراوانی مەکتەب و دەزگاکان.

نەخۆش کەوتنی تاڵەبانی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ ، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هەڵسوڕانی مەکتەبی سیاسی بەجێ هێشت. لێرە بە دواوە قۆناغێکی ناسەقامگیرو پڕ پشێوی و دڵەڕاوکێ دەستی پێ کرد کە تێیدا مەکتەبی سیاسی ململانێی توندی بەخۆیەوە بینی و یەکپارچەیی و یەکڕیزیی لەدەستدا

که ئەمەش بۆ خوارەوە، بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی، شۆڕ بۆوە.

ساڵی ٢٠١٣ مەکتەبی سیاسی نەیتوانی دژی هەوڵی مانەوەی مەسعود بارزانی لە سەرۆکایەتیی هەرێم بوەستێتەوە، هەرچەند بارزانی دوو خولی یاسایی خۆی تەواو کردبوو و داوای خولی سێیەمی دەکرد، لە سەودایەکی سیاسیدا، مەکتەبی سیاسی، بەبێ وەرگرتنی رای ئەنجومەنی سەرکردایەتی، رەزامەندیی لەسەر مانەوەی بارزانی بۆ ماوەی دوو ساڵ نیشاندا، ئەویش بە مەرجی گێڕانەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێم بۆ پەرلەمان بۆ پێداچونەوەی و گۆڕینی سیستمی سیاسی لە نیمچە پەرلەمانییەوە بۆ پەرلەمانی. لەم رێککەوتنەدا بارزانی دوو ساڵی سەرۆکایەتیی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، لە کاتێکدا هیچ شتێك لە رێککەوتنەکەدا گەرەنتیی پێداچونەوەی پرۆژەی دەستوری نەدەکرد.

لە ناو کادیران و جەماوەی حزبدا، رێککەوتنەکە ناڕەزایی لێ کەوتەوە. لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەماندا لە٢١ی ئەیلولی٢٠١٣ ، حزب باجی رێککەوتنی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانیی دا و ئەنجامێکی ئۆمێدبڕی بەدەست هێنا. رێککەوتنەکە زۆر گران لەسەر حزب کەوت و بە قازانجی بزوتنەوەی گۆران شکایەوە. لە هەڵبژاردندا بزوتنەوەی گۆڕان دەنگێکی زۆرتری لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدەست هێنا و شەش کورسیی زیاتری لە پەرلەمان چنگ کەوت. ئەمەش لە ریزبەندیی گشتیدا، بزوتنەوەی گۆڕانی کردە هێزی دووەم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردە هێزی سێیەم.

هەرچەند ئەنجامی هەڵبژاردن زیانی گەورەی لە حزب دا، بەڵام مەکتەبی سیاسی نەیتوانی روبەڕوی لێکەوتەکانی شکستەکە ببیتەوە و بەرنامەیەکی سەرتاپاگیر بۆ پێداچونەوەی هەڵەکان دابنێ. بە پێچەوانەی ئەمەوە، ململانێی باڵەکان تا دەهات توندوتیژتر دەبوو.

ساڵی٢٠١٤لە سەروبەندی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، حزب لە سایەی لێکترازانی ناوخۆیی و ناکۆکییەکانی ناو مەکتەبی سیاسیدا، ئومێدی ئەوەی لێ نەدەکرا کە بتوانێ قەرەبوی زیانەکانی هەڵبژاردنی ساڵی پاری پەرلەمانی کوردستان بکاتەوە، بەتایبەتی کە مەکتەبی سیاسی هیچ پێداچونەوەیەکی سیاسیی نەکرد بوو و هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی نەنا بوو. بۆیە، پیشبینی نەدەکرا ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی عیراق لە پارێزگاکانی هەرێم لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی پاری پەرلەمانی کوردستان باشتر بێ. لە هەڵبژاردندا، حزب لە پارێزگای سلێمانی لە بەردەم بزوتنەوەی گۆڕان دۆڕا و پلەی دووەمی بە دەست هێنا، لە پارێزگای هەولێریش لە بەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان دۆڕا و پلەی دووەمی بەدەست هێنا، بەڵام لە پارێزگای کەرکوك لە بزوتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنە عەرەبی و تورکمانەکانی بردەوە و پلەی یەکەمی بەدەست هێنا. بە ئەنجامەکەی کەرکوك، قەرەبوی ئەنجامەکانی سلێمانی و هەولێری کردەوە و کۆی کورسییە بەدەستهێنراوەکانی لە سەرتاسەری عیراق بە قەد کورسییە بەدەستهێنراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

پاش هەڵبژاردن، کێشەکانی ناو مەکتەبی سیاسی ئەوەندە پەرەیان سەند کە گەیشتنە رادەی لەدەستدانی توانای بڕیاردان لەسەر پێشکەشکردنی یەك کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری عیراق کە بەرکەوتەی حزب بوو. لە کۆتاییدا، لەبەر رێکنەکەوتن لەسەر یەك کاندید، مەکتەبی سیاسی دوو کاندیدی پێشکەش کرد

که یەکێکیان دکتۆر بەرهەم ساڵح بوو و ئەوەی تر دکتۆر فوئاد مەعسوم بوو. بۆ یەکلاکردنەوەی کاندیدکردنی یەکێکیان وەك کاندیدی کورد بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار، مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا ئەرکەکە بە فراکسیۆنە کوردییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بسپێرێ، لە ئەنجامدا دکتۆر فوئاد مەعسوم دەنگی زۆرتری هێنا و بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار کاندید کرا.

لە ئابی ۲۰۱۵دا پاش تەواوبونی ماوەی درێژکراوەی سەرۆکایەتیی بارزانی، قەیرانی سەرۆکایەتی سەری هەڵدایەوە، چونکە بارزانی سور بوو لەسەر بەجێ نەهێشتنی کورسیی دەسەڵات. بارزانی دوو خولی سەرۆکایەتیی تەواو کردبوو، دووساڵیشی بۆ درێژ کرابووە و داوای دوو ساڵی دیکەشی دەکرد، بەڵام مەکتەبی سیاسی لە ئاستی هەوڵەکەدا هیچ هەڵوێستێکی دەرنەبڕی و بێدەنگیی هەڵبژارد. هەر لەم سەروبەندەدا دکتۆر بەرهەم ساڵح پرۆژەیەکی بۆ دۆزینەوەی دەریچەیەك بۆ قەیرانی سەرۆکایەتی ئامادە کرد کە ناوەڕۆکەکەی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانی بوو بەرامبەر بە ئەنجامدانی هەندێ چاکسازی لە سیستمی حوکمڕانیدا. مەکتەبی سیاسی پشتیوانیی لە پرۆژەکە کرد، بەڵام کۆبونەوەی ۱۲ی ئابی ۲۰۱۵ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پرۆژەکەی رەتکردەوە. رۆژانی دواتر، پارتی دیموکراتی کوردستان پرۆژەیەکی پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی کرد کە پێشنیاری درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانیی بۆ دوو ساڵ تێدا کردبووبەرامبەر بە ئەنجامدانی چەردەیەك چاکسازیی درێژخایەن، بەڵام مەکتەبی سیاسی لە ترسی کاردانەوەی توندی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و کادیرەکانی، پرۆژەکەی پەسەند نەکرد. بە هەر حاڵ، پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێی ئەنجومەنی شوراوە ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانیی بۆ مەودایەکی نادیاریکراو درێژ کردەوە، هەرچەند ئەنجومەنی شورا لە سیستمی سیاسیی کوردستاندا دەسەڵاتی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی نیە. لەم هەموو پێشهاتانەدا، مەکتەبی سیاسی کۆڵەوار و دەستەوسان و لە پەراوێزی رووداوەکاندا بوو، تەنانەت هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی تۆمار نەکرد.

لەدەستدانی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، وای کرد حزب هەر لە گێژاوی قەیرانەکاندا بخولێتەوە. بە هۆی کێشە کەڵەکەبووەکانەوە، رۆڵی حزب لە شەقام پاشەکشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و ئۆرگانەکانی پوکانەوە، بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی.

بێ هەڵوێستیی مەکتەبی سیاسی بەرامبەر بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانی بە شێوەیەکی نایاسایی، رەنگدانەوەی لەسەر قەیرانی پەکخستنی پەرلەمانی کوردستانیش هەبوو. لە تشرینی یەکەمی ۲۰۱۵ دا کێشەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان تەشەنەیان سەند و ئاسەواری قوڵیان لەسەر ڕەوشی گشتی بەجێ هێشت. کار گەیشتە ڕادەی دەرکردنی وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێنەدان بە سەرۆکی پەرلەمان دکتۆر یوسف محەمەد بۆ چونە ناو هەولێر کە ئەمەش قەیرانی پەکخستنی پەرلەمانی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئارا.

هەرچەند مەکتەبی سیاسی بە پەکخستنی پەرلەمان رەزامەند نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی لەم بارەیەوە نیشان نەدا و هەوڵی دا لە رێی دیپلۆماسیی ژورە داخراوەکانەوە، وا لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکا نەرمی بنوێنێ و کاراکردنەوەی پەرلەمان پەسەند بکا، بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوو.

ساڵی ٢٠١٦ حزب چووە سەر ئەو باوەڕەی کە لەو هەلومەرجەی تێیدا دەژی، پێویستی بەوەیە کە کۆتایی بە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان بێنێ. کۆدەنگی لەسەر ئەم مەسەلەیە نەبوو، بەڵام زۆرینەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، پشتیوانیی لە بیرۆکەکە دەکرد. بەڵام لە ناو مەکتەبی سیاسیدا هەندێ لە جەمسەرەکان دژی نزیکبونەوە بون لە بزوتنەوەی گۆڕان و رایان وا بوو هەر نزیکبونەوەیەك لە بزوتنەوەی گۆڕان کە لەو کاتەدا خراپترین پەیوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێ. باڵی دژ بە رێککەوتن لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان، لە توانایدا نەبوو رێ لە رێککەوتنەکە بگرێ. بۆیە دژی نەوەستایەوە و دەرفەتی تێپەڕینی پێ دا. لە ١٧ی ئایاری ٢٠١٦دا نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت رەسول عەلی، لە بەردەم تاڵەبانی کە بە هۆی نەخۆشییەوە توانای قسەکردن و بزوتنی نەبوو، رێککەوتنی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕانیان واژوو کرد.

کێشەکانی ناو مەکتەبی سیاسی، رۆڵێکی سەرەکییان لە پەکخستنی ئەو رێککەوتنە سیاسییەدا هەبوو کە لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان واژۆ کرا ، بەتایبەتی کە گروپێك لە ناو مەکتەبی سیاسی، دژی یەکخستنی فراکسیۆنەکانی هەردولا بوو لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق. چوار مانگ پاش واژۆکردنی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان، حزب روبەڕوی قەیرانێکی ناوخۆیی دیکەی مەترسیدار بوو.

لە ئەیلولی ٢٠١٦دا هەردوو جێگری سکرتێری گشتی و چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و یەك ئەندامی یەدەکی مەکتەبی سیاسی و دەوروبەری دە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، رەوتێکیان بە ناوی ناوەندی بڕیارەوە راگەیاند. راگەیاندنی فەرمیی گروپەکە، دابەشبونێکی ستونیی لە ناو حزب دروست کرد و ئاستی گرژییەکانی بەرەو هەڵکشان برد. بەیاننامەی دامەزراندنی رەوتەکە بە زمانێکی زبر نوسرا بوو و تێیدا تۆمەتی گەورە خرابووە پاڵ لایەنەکەی تر. لە بەیاننامەکەدا هاتبوو کە لایەنەکەی تر سەرقاڵی تەگبیری « تەزویر کردنی » داتاکانە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە کۆنگرەی داهاتوودا، ئۆرگانی « سێبەر» ی بۆ بەڕێوەبردنی حزب دروست کردووە و بەرنامەی بۆ « قۆرخکردنی ئۆرگانەکان» داناوە و لەم سەروبەندەدا داوای لە ئەندامان کرد پشتیوانی لە ناوەندی بڕیار بکەن بۆ کۆتایی هێنان بە « ناعەدالەتی و دڵەڕاوکێ».

لە ناو حزب ، نیگەرانییەکی زۆر لە لەتبونی حزب هەبوو. رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی سەر بە حزب رۆڵێکی گەورەیان لە هێورکردنەوەی دۆخەکەدا بینی. قەیرانەکە شەش مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا مەکتەبی سیاسی نەیتوانی بە کۆی ئەندامەکانی، کۆبونەوەی ئاسایی خۆی بکا، بەڵام لە ناو مەکتەبی سیاسیدا، چوار ئەندام، هەر یەك لە مەلا بەختیار، ئەرسەلان بایز، عەدنان موفتی و عیماد ئەحمەد ئامادەییان نیشان دا بۆ بەشداریکردن لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی، هەر کات یەکێ لە دوو گروپەکە کۆبونەوەی ئەنجام دا.

هیچ رێککەوتنێك لەسەر ئاستی گشتی نەهاتە دی. بەڵام بزاوتێکی دیپلۆماتیکیی کارا لەو ماوەیەدا لە ئارادا بوو کە سەرەنجامەکەی رێککەوتنێك بوو لە نێوان گروپی کۆسرەت رەسول عەلی و گروپی هێرۆ برایم ئەحمەد — مەلا بەختیار. رێککەوتنەکە رێی بۆ دەستپێکردنەوەی کۆبۆنەوەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی خۆش کرد.

هەرچەند ڕێککەوتنەکە کۆتایی بە ڕەوتی ناوەندی بڕیار هێنا، بەڵام دکتۆر بەرهەم ساڵح و ژمارەیەك ئەندامی سەرکردایەتی لەوانەی کە لێوەی نزیکن، ماوەیەك بایکۆتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتییان کرد. زۆری نەبرد ئەو گروپە گەڕایەوە بۆ کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بەڵام خودی دکتۆر بەرهەم ساڵح هەر سور بوو لەسەر بایکۆتکردنی کۆبونەوەکان.

سەرەڕای سازانی ڕوکەش و پەردەپۆش کردنی ناکۆکییەکان، مەکتەبی سیاسی نەیتوانی کۆتایی بە کێشەکان بهێنێ. لە ئەنجامدا دۆخەکە بەو سەرەنجامە گەیشت کە دوو گروپی ناتەبا لە ناو دامەزراوەی سەرکردایەتیدا پەیدا بون، یەکێکیان گروپی مەکتەبی سیاسییە کە گروپی کەمینەیە و ئەوی دیکە گروپی ئەنجومەنی سەرکردایەتییە کە گروپی زۆرینەیە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە لە ناو مەکتەبی سیاسیدا کەمینەیەکی سەر بە گروپی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەبوو و بە هەمان شێوە لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا کەمینەیەکی سەر بە گروپی مەکتەبی سیاسی هەبوو. لە کۆتاییدا، لەسەر ئاستی ناوخۆ، ململانێکە لەسەر دوو مەسەلە چڕ بۆوە، یەکێکیان پێویستیی ئەنجامدانی چاکسازییە لە ناو حزب و ئەوی تر بەستنی کۆنگرەی چوارەمە. مەکتەبی سیاسی هەنگاوی گەورەی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی نەنا و لە ڕاستیشدا دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ چاکسازی هەبوو کە یەکێکیان میانڕەوانە بوو و ئەوی دیکە ڕادیکاڵ. سەبارەت بە بەستنی کۆنگرە، مەکتەبی سیاسی خوازیار بوو کۆنگرە بە مەرجەکانی خۆی ببەستێ و دەترسا کۆنگرە لە کۆنترۆڵ دەرچێ و ببێتە کۆنگرەی پاکتاوکردن.

لە ٢٩ ی تەموزی ٢٠١٧دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لە شیکردنەوەیەکی بابەتییانەدا، دانی بەوەدا نا کە کێشەی حزب کێشەی بێ متمانەییە لە ناو سەرکردایەتیدا. لەو کۆبونەوەیەدا پێویستیی چاکسازی تاوتوێ کرا و لە کۆتاییدا بڕیاری ئەنجامدانی چاکسازی و پێکهێنانی دوو لیژنە بۆ پێشکەشکردنی پێشنیار درا. پێکهێنانی دوو لیژنەکە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی پێشکەوتوو بوو، بەڵام مەکتەبی سیاسی سور بوو لەسەر بەکار نەهێنانی وشەی «چاکسازی» و لە جیاتی ئەم وشەیە، پێشنیاری بەکارهێنانی وشەی هەڵسەنگاندن و گۆڕانکاریی کرد و دوو لیژنەکەی وا ناساند کە ئەرکەکەیان هەڵسەنگاندنی ئەدای دامەزراوەکانی حزب و تیمی حکومەتە. بەم پێیە، دوو لیژنەی هەڵسەنگاندن و گۆڕانگاری پێك هێنران، یەکێك بۆ پێشکەشکردنی پێشنیار دەربارەی چۆنێتیی ئەنجامدانی چاکسازی لە ناو حزب و ئەوی تر بۆ پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە تیمی حکومەت. لیژنەی یەکەم بە سەرۆکایەتیی ڕەفعەت عەبدوڵڵا حەمە ڕەش و ئەندامەتیی هەر یەك لە فەرید ئەسەسەرد، سامان گەرمیانی، هەڵۆ پێنجوێنی ، حەمەی حەمە سەعید و بەرزان ئەحمەد کوردە پێك هێنرا و دواتر هەر یەك لە جەمیل هەورامی و پەروین کاکە حەمەی بۆ زیاد کرا. لیژنەی دووەم بە سەرۆکایەتیی قادر حەمە جان و ئەندامەتیی هەر یەك لە خالید شوانی، عەدنان محەمەد قادر، دکتۆر ڕێواز فایق، لەتیف عومەر مستەفا و سیروان کوێخا نەجم پێك هێنرا.

هەر لەو کۆبونەوەیەدا باسی هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی کرا، بەڵام ئەم باسە کەشی کۆبونەوەکەی گرژتر کرد، بۆیە بابەتەکە زوو پشت گوێ خرا.

یەکەم کۆبونەوەی دوو لیژنەکە، لە ٦ی ئاب کرا و ژمارەیەك کۆبونەوەی دیکە بە دوایدا هات.

لەو ماوەیەدا پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ

جیابونەوە لە عیراق زۆر گەرم و گوڕ بوو. حزب هێشتا خۆی بۆ پێشهاتێکی لەو جۆرە ئامادە نەکردبوو. کێشەکە لە ئەنجامدانی ریفراندۆمدا نەبوو، بەڵکو کێشەکە لە گەرەنتییەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی سەرکەوتوودا بوو. بارزانی کە هێشتا گومان لە شەرعیبونی مانەوەی لە دەسەڵاتدا هەبوو، فشاری لە مەکتەبی سیاسیی حزب دەکرد بۆ پشتگیری کردنی هەوڵەکەی. بەڵام تا ئەو کاتە، حزب کۆتا هەڵوێستی خۆی دەرنەبڕی بوو.

کۆبونەوەکانی لیژنەی هەڵسەنگاندن و گۆڕانکاری هەر بەردوام بون و تێیدا ئەدای مەکتەبی سیاسیش هەڵسەنگێنرا و بە دامەزراوەیەکی شکستخواردوو ژمێردرا. لەوەوە مەسەلەی هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی  بە تەوژمێکی کاراترەوە هاتە پێش کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی لیژنەکە پێیان وابوو ئەمە تاکە رێوشوێنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی حزب.

لە ناو مەکتەبی سیاسیدا مەیلێك بە لای پشتگیری کردنی ریفراندۆمدا هەبوو. هاوتەریب لەگەڵ مەیلەکەدا، ئەو تێڕوانینەش هەبوو کە ئەنجامدانی ریفراندۆم پێویستی بە پشتیوانیی پەرلەمانی کوردستانە. مەکتەبی سیاسی بڕاردەی بەشداریکردنی حزبی لە ریفراندۆم، بە کاراکردنەوەی پەرلەمانەوە بەستەوە. لە دۆخێکی وادا و لەبەر نەبونی متمانە بە مەکتەبی سیاسی، ترس هەبوو لەوەی کە مەکتەبی سیاسی، بە فشاری پارتی دیموکراتی کوردستان، نیازی بەشداری کردنی لە کاراکردنەوەی پەرلەماندا بەبێ بزوتنەوەی گۆڕان هەبێ. ئەم شیکردنەوەیە ئاماژە بە دابەشبونێکی تری ستونی لە ناو دامەزراوەی سەرکردایەتیدا دەکا، ئەویش دابەشبونە بەسەر دوو رەوتدا، کە یەکێکیان زۆرتر لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نزیکە و ئەوەی تر زۆرتر لە بزوتنەوەی گۆڕانەوە نزیکە. لە هەمان کاتدا، مەکتەبی سیاسی ئامادەییەکی زۆرتری بۆ بەشداری کردن لە ریفراندۆمدا هەبوو، لە کاتێکدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی هێشتا دوودڵ بوو لە پشتگیری کردنی پرۆسەکە، ترسی لێکەوتەی مەترسیداری لێ نیشتبوو و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی بە دور نەدەزانی. ئەمەش بەم واتایە دێت کە پرسی ریفراندۆم ناکۆکییەکانی ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی قوڵتر کردەوە.

هەر لەو ماوەیەشدا کێشەیەکی تر لە ناو دامەزراوەی سەرکردایەتی پەیدا بوو، کە پەیوەندیی بە ناکۆکییەکانی ناو مەکتەبی سیاسییەوە هەبوو، ئەویش ئەگەری جیابونەوەی دکتۆر بەرهەم ساڵح بوو لە حزب. لە١٦ی ئەیلولی ٢٠١٧دا دکتۆر بەرهەم ساڵح قەوارەیەکی بە ناوی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری راگەیاند. رۆژی دواتر نامەی دەستلەکارکێشانەوەی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشکەش بە کۆسرەت رەسول عەلی کرد.

ئەمە لە لایەك. لە لایەکی ترەوە خەریك بوو ئەنجامدانی ریفراندۆم دەبوو بە فاکت. لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا هەوڵ درا کەرکوك لە ریفراندۆم دور بخرێتەوە. رایەکی بەهێز هەبوو وای بۆ دەچوو کە دەشێ ریفراندۆم لە کەرکوك، بە کارەسات کۆتایی بێت. بەڵام مەکتەبی سیاسی سور بوو لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کەرکوك و تەواوی ناوچە جێناکۆکەکان. دواتر رووداوەکان ساغیان کردەوە کە بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسی بڕیارێکی دروست نەبوو. هێزەکانی عیراق لە ١٦ی تشرینی یەکەم بەدواوە، دەستیان بەسەر تەواوی ناوچە جێناکۆکەکاندا گرتەوە، لە شنگالەوە تا خانەقین. ئەم ئەنجامە مەینەتبارەی ریفراندۆم، ناکۆکییەکانی ناو دامەزراوەی سەرکردایەتیی توندوتیژتر کرد و قەیرانی

متمانەی تۆختر کرد.

لە٢٨ی تشرینی یەکەمدا لیژنەی هەڵسەنگاندن و گۆڕانکاری راپۆرتی خۆی تەواو کرد و تێیدا پێشنیاری هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسیی کرد. لە ٢٩ی کانونی یەکەمدا لە هەشت ئەندامی لیژنەکە، حەوتیان راپۆرتەکەیان واژۆ کرد و یەك ئەندام کە پەروین کاکە حەمە بوو، واژۆی نەکرد.

نارەزایی کادیران لە سیاسەتی مەکتەبی سیاسی و خراپ بەڕێوەبردنی حزب، زۆر لە هەڵکشاندا بوو، بەتایبەتی پاش لێکەوتە مەینەتبارەکانی ریفراندۆم. لە ١ی تشرینی دووەمدا نزیکەی ٢٠٠ کادیری نارازی گردبونەوەیەکی گەورەیان لە بەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسی ساز کرد.

لەو ماوەیەدا ئامادەکاری بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرا کە وا دانرا بوو لیژنەی هەڵسەنگاندن و گۆڕانکاری ڕاپۆرتی خۆی تێدا بخوێنێتەوە، داوای هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی بکات و پێشنیاری پێکهێنانی دەستەیەکی بەڕێوەبەری راگوزەر لە جێی مەکتەبی سیاسی بکات.

لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە ئامادەبونی ٤٣ ئەندامی سەرکردایەتی بەسترا و ڕاپۆرتی لیژنەی هەڵسەنگاندن و گۆڕانکاریی تێدا خوێنرایەوە کە یەکێ لە پێشنیارەکانی ، هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی بوو. کاتێك بڕیار درا پێشنیارەکە بخرێتە دەنگەوە، کەس دژی نەوەستایەوە. ئەمەش نیشانی دەدا کە مەکتەبی سیاسی پێشبینیی پەسەند کردنی پێشنیارەکەی نەدەکرد. لە دەنگداندا ٢٠ ئەندامی سەرکردایەتی پشتیوانییان لە پێشنیارەکە کرد، ١٠ ئەندام رەتیان کردەوە و ١٣ ئەندام دەنگیان نەدا. ئەنجامی دەنگدانەکە هەرای نایەوە و ڕەوشی کۆبونەوەکەی تێکدا. مەکتەبی سیاسی دانی بە ئەنجامەکەدا نەنا و زۆربەی ئەندامەکانی هۆڵی کۆبونەوەیان بە توڕەییەوە بەجێ هێشت گوایە هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی دژی پەیڕەوی ناوخۆیە. قەیرانی هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی، حزبی بە تەواوی پەکخست و بۆ ماوەیەکی دور و درێژ، حزب نەیتوانی نە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بکا نە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. هەڵوەشاندنەوەی دەزگای سەرەکیی جێبەجێکار و نەبونی ئەلتەرناتیڤێکی ئامادە، ترسی گەورەی لەسەر بەردەوامبونی حزب دروست کرد.

لە ١١ی تشرینی دووەمدا، حەوت رۆژ پاش هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی، کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی باری تەندروستیی تێکچوو و بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە. لەوێ نەشتەرگەریی بۆ کرا و دواتریش برایە ئەڵمانیا. ئەم رووداوە کتوپڕە دۆخەکەی دژوارتر کرد، چونکە لەبەر دەستلەکارکێشانەوەی دکتۆر بەرهەم ساڵح و هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی و نەخۆشکەوتنی کۆسرەت رەسول عەلی، لە ناو سەرکردایەتی کەس نەما دەسەڵاتی بانگهێشتی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی هەبێ.

لەو ماوەیەدا زۆر بژاردە تاوتوێ کران، لەوانە هەڵبژاردنی مەکتەبێکی سیاسیی تازە لە ١١ کەس، پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی ٣ کەسی، پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی کاتی و هێشتنەوەی مەکتەبی سیاسی بە هەڵوەشاوەیی و هی تر. لەم سەروبەندەدا چەند بژاردەیەك شەن و کەو کران، لەوانە پێکهێنانی سەرکردایەتییەك لە هێرۆ برایم ئەحمەد و عەدنان موفتی و رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە ڕەش. هەروەها هێنانەوەی دکتۆر بەرهەم ساڵحیش بۆ ناو حزب تاوتوێ کرا، بەڵام ئەم کارە بە دژوار زانرا، جگە لەوەی کە پێکەوە کارکردنی هەر یەك لە دکتۆر بەرهەم ساڵح و هێرۆ برایم ئەحمەد ئاسان نەبوو.

زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پێیان وا بوو دەشێ بەستنی کۆنگرە، حزب لەو قەیرانە دەرباز بکات. لەم سەروبەندەدا دکتۆر بەرهەم ساڵح پێشنیاری کرد بەرەیەك لە هەر سێ گروپی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری پێك بهێنرێ، بەڵام پرۆژەکە بە هەند وەرنەگیرا.

لە٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٨ دا کۆسرەت رەسول عەلی گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ئەمەش هیوای چاکبونەوەی دۆخی حزبی بەهێز کرد، چونکە لێرە بەدواوە دەرفەتی بانگهێشتی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەیە.

لە لایەکی ترەوە، سەرۆکی کۆمار دکتۆر فوئاد مەعسوم دەستی بە کۆششێکی جوامێرانە کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی حزب. لە ٢٢ی کانونی دووەمدا لە شاری جوان لە سلێمانی لەگەڵ یەکە یەکەی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆ بۆوە بۆ ئەوەی بتوانێ تێروانینێکی گشتگیر بۆ کێشەکانی ناو سەرکردایەتی پێك بێنێ.

لە ٢٤ی کانونی دووەمدا دکتۆر فوئاد مەعسوم بە ئامادەبونی کۆسرەت رەسول عەلی، لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆ بۆوە. شەش ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئامادەی کۆبونەوەکە نەبون. کۆبونەوەکە بژاردەی کۆنگرەی تاوتوێ کرد.

سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، هیچ هەنگاوێك بۆ پێشەوە نەهاتە دی. چەند جارێك رۆژی بەستنی کۆنگرە دیاری کرا، بەڵام هەموو جار بەرنامەکە هەڵدەوەشایەوە.لە ژێر فشاری نزیکبونەوە لە وادەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و دژواریی بەستنی پلینۆم یان کۆنگرە، کۆبونەوەی ١٧ی ئازاری ٢٠١٨ هەوڵەکانی بۆ فریاکەوتنی حزب چڕ کردەوە، بڕیاری دا تەواوی دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی بە کۆسرەت رەسول عەلی بدرێن و متمانە بە مەکتەبی سیاسیی هەڵوەشاوە ببەخشرێتەوە. ئەم هەنگاوە کۆتایی بە قەیرانی هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی هێنا کە چوار مانگ زیاتری خایاند.

لەبەر سەرقاڵبون بە بانگەشەی هەڵبژاردن، ململانێی ناوخۆی حزب هێور بۆوە. ئەمەش رەنگدانەوەی ئەرێنیی لەسەر کۆتا بەرەنجامی بەدەستهێنراوی هەڵبژاردن هەبوو کە تێیدا حزب ١٨ کورسیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق چنگ کەوت و لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوك پلەی یەکەمی بەدەست هێنا. بەڵام هەوڵی حزب بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکی کۆمار بە قازانجی خۆی، دوو کێشەی بۆ دروست کرد: یەکەم، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کە خوازیار بوو دکتۆر فوئاد حسێن بۆ پۆستەکە کاندید بکات. دووەم، لە ناوخۆی حزب .

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن، کۆششێکی چڕ لە ناو سەرکردایەتی بۆ هێنانەوەی دکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ ناو حزب و کاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکی کۆماری عیراق هاتە ئاراوە. لە ١٢ی ئەیلولی ٢٠١٨ دا هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری ئامادەیی بۆ گەیشتن بە رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربڕی. لە ١٤ی ئەیلولدا کۆبونەوەی هەردوولا لە ماڵی کۆسرەت رەسول عەلی ئەنجام درا کە رێی بۆ یەکلاکردنەوەی زۆر فایل خۆش کرد. لە ١٥ی ئەیلولدا دکتۆر بەرهەم ساڵح بەشداریی لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. ئەم بەشداریکردنە نائاساییە لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا پێویستی بە رونکردنەوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لەم بارەیەوە ڕانەگەینرا. بەڵام ئەم هەنگاوە، بە کردەوە، بەشێك

بوو لە پلانی گێڕانەوەی بۆ ناو حزب. لە میدیاکاندا پەیامی دکتۆر بەرهەم ساڵح لێڵ بوو. پاش کۆبونەوەکە وتـی « دایـەلـۆگ بـەردەوامـە» و لایەنگرەکانی خۆی دڵنیا کردەوە کە « دودڵ نەبن» چونکە « پەیامی هاوپەیمانی درێژەی هەیە». یەکەم ئاماژەی فەرمی بۆ ئارەزوی کاندیدکردنی دکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار، لێدوانەکەی سەعدی ئەحمەد پیرە بوو لە بەشی کوردیی ئێزگەی «دەنگی ئەمریکا» لـە ١٦ی ئەیلولدا کـە وتـبـوی ئـەگـەر بەرهەم ساڵح بگەڕێتەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەتوانێ «یەکێ لە کاندیدەکانی سەرۆکی کۆمار» بێ.

لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا زۆرینەی ئەندامان لەگەڵ گێڕانەوەی بەرهەم ساڵح و کاندیدکردنی بون بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار، کەمینەیەکیش دژی کاندیدکردنی بوو.

لە ١٩ی ئەیلولی ٢٠١٨ دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ دیاریکردنی کاندیدی حزب بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار بەسترا. مەلا بەختیار نیازی خۆکاندیدکردنی هەبوو، بەڵام کە زانی بەرهەم ساڵح کاندید کـراوە، کشایەوە و هۆڵی کۆبونەوەی بەجێ هێشت. سێ کاندید بۆ پۆستەکە هەبوو کە ئەمانەن: دکتۆر بەرهەم ساڵح، دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید و دکتۆر محەمەد سابیر. لە کۆی ٤٣ دەنگ، بەرهەم ساڵح ٢٦ دەنگی بەدەست هێنا و دکتۆر محەمەد سابیر و دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید یەك لە دوای یەك ١٥ و ١ دەنگیان بەدەست هێنا.

ئەم ڕوداوە بووە مایەی ئەوەی کە مەلا بەختیار تا بەستنی کۆنگرەی چوارەم، بایکۆتی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و هەموو چالاکییەکانی حزب بکات.

ئـەم تـەتـەڵـەیـەی ڕەفـتـاری مـەکتەبی سیاسیی کۆنگرەی سێیەم نیشانی دەدا کە لە سەردەمی ئەم مەکتەبی سیاسییەدا، بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ بـەدواوە، حزب پاشەکشەیەکی بەرچاوی لە هەموو ڕویەکەوە بە خۆیەوە دیوە، بە بەردەوامی لە پاشکۆی ڕوداوەکاندا بووە، لە ناوخۆدا و هەروا لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند پەیوەندییەکی ناجێگیری هەبووە و سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی شێواو و شپرزە و مایەی تانەلێدان و ڕەخنەی کادیرەکانی حزب بوون. وەك دامەزراوەش، دامەزراوەیەکی لێکترازاو و شکستخواردوو بووە.

قوناغی سێیەم ( ٢٠١٩ بە دواوە)

ساڵـی ٢٠١٩ کـۆنـگـرەی سـێـیـەمـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ژێر دروشمی « نوێبونەوە» بەسترا. لە سایەی ئـەو نوێبونەوەیەدا، بڕیار درا ئەنجومەنێك بە نـاوی ئەنجومەنی بـاڵای سیاسی پێك بهێنرێ کە دەسەڵاتەکانی، پاش کۆنگرە، بە ڕێککەوتنی نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیـاری دەکرێن. بڕیار درا ئەنجومەنەکە بە سەرۆکایەتیی جێگری سکرتێری گشتی کۆسرەت ڕەسول عەلی بێ و لەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیی کۆنگرەی سێیەم پێك بێت کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کاندید ناکەن. بەم پێیە، ناوی ٨ ئەندام خرایە بەردەم کۆنگرە کە ئەمانەن: مەلا بەختیار، عەدنان موفتی، جەعفەر شێخ مستەفا، عومەر فەتاح ، قادر حەمە جان، ئەرسەلان بایز، هێرۆ برایم ئەحمەد و دلێر سەید مەجید کە ئەمەی دواییان وەك کادیری پێشکەوتوو کاندید کرا. پێشنیارکردنی پێکهێنانی ئەنجومەنی بـاڵای سیاسی لـە کـۆنـگـرە، ڕۆڵێکی دیـاری لە هێورکردنەوەی دۆخەکە و سەرهەڵنەدانی کێشەی گەورە لە کاتی بەسترانی کۆنگرەدا هەبوو.

کۆنگرە پەیڕەوێکی ناوخۆی تـازەی پێشکەش

کرد کە چەمکی نوێبونەوە تێیدا ڕەنگی دایەوە و بە بەراورد لەگەڵ هەموو پەیڕەوەکانی پێشوو، مۆدێرنتر و پێشکەوتوتر بوو و ستراکچەرێکی بۆ حزب پێکهێنا کە زۆرتر لە ستراکچەری حزبە سۆسیالیستە دیموکراتەکانەوە نزیکە.

ئەوەندەی بابەتەکە پەیوەندیی بە مەکتەبی سیاسییەوە هەیە، پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم زۆر گۆڕانکاریی بەسەر دامەزراوەی مەکتەبی سیاسیدا هێنا. لە ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتیدا، مەکتەبی سیاسی چیتر وەك دەزگایەکی سەربەخۆ نەمایەوە، بەو مانایەی کە هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ناکرێ، بەڵکو بۆ هاوسەرۆك و کارگێڕەکان و لێپرسراوانی مەکتەب و دەزگاکان دەکرێ و لەو لێپرسراوە هەڵبژێردراوانە مەکتەبی سیاسی پێکدێت.

ئەمەش بەم مانایە دێت کە بە لەدەستدانی لێپرسراوەتی، ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسیش لەدەست دەدرێ.

مەکتەبی سیاسی بەپێی ماددەی ٣٩ لە هاوسەرۆك، کارگێڕەکان، لێپرسراوانی مەکتەب و دەزگاکان و وتەبێژ پێك دێت. ئەم ماددەیە دامەزراوەی سەرۆکایەتی دەکاتە بەشێك لە مەکتەبی سیاسی، لە کاتێکدا لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەمدا سکرتێری گشتی بە نەریت نەك بە دەق، سەرۆکایەتیی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی دەکات. بەڵام لە هەموو پەیڕەوە ناوخۆکانی پێشوودا سکرتێری گشتی بە کردەوە، نەك بە پشت بەستن بە دەقی نوسراو، خۆی و جێگرەکەی یان جێگرەکانی بەشێکی مەکتەبی سیاسی پێکدێنن.

لە پێکهێنانی مەکتەبی سیاسیدا، ڕێوشوێنە پیادەکراوەکانی هەر سێ کۆنگرەی پێشوو جیاوازن. یەکەم ، دەشێ هەڵبژاردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی (هاوسەرۆك) بە هەنگاوی یەکەمی هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی بژمێردرێ چونکە بە هەڵبژاردنی هاوسەرۆك، هەردوکیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و دەسەڵاتی سەرۆکایەتیکردنی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی وەردەگرن. دووەم، هەڵبژاردنی پێنج کارگێڕ لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە، هەنگاوی دووەمی پێکهێنانی مەکتەبی سیاسی دەبێ، چونکە هەردوو ماددەی ٣٩ و ٤١ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کارگێڕەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەندامی مەکتەبی سیاسین. ئەمە نیشانی دەدا کە ئەو میکانیزمەی لەم پرۆسەیە پیادە کراوە، تەواو جیاوازە لەو میکانیزمەی کە لە هەر سێ پەیڕەوی ناوخۆی پێشوو پیادە کراوە. بەپێی پەیڕەوە ناوخۆکانی پێشوو، کارگێڕەکان لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە هەڵدەبژێردرێن، لە کاتێکدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم، کارگێڕەکان سەرەتا وەك کارگێڕ لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە هەڵدەبژێردرێن و پاشان دەبنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. سێیەم، هەڵبژاردنی ٩ لێپرسراو بۆ مەکتەب و دەزگاکان و یەك وتەبێژی فەرمی بۆ حزب، هەنگاوی سێیەمی پێکهێنانی مەکتەبی سیاسی دەبێ. ئەمەش دەری دەخات کە بە هەڵبژاردنی هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە لێپرسراوی مەکتەبێك یان دەزگایەك یان بە وتەبێژی فەرمی، دەم و دەست دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لە بەرەنجامی کۆتاییدا، ئەمە ئەو مانایەی لێ هەڵدەکرێندرێ کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ و بە چەند قۆناغێك ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێ.

دەشێ ئەم میکانیزمە ڕێگر بێ لە بەردەم دوبارەبونەوەی قەیرانێکی وەك قەیرانی هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی، چونکە لە کاتی دروستبونی

قەیران لە نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیدا، هیچ دەرفەتێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی نارەخسێ. جگە لەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەسەڵاتی گۆڕینی راستەوخۆی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی نیە، بەڵام دەتوانێ وەك کارگێڕ یان وەك لێپرسراوی مەکتەب و دەزگا یان وەك وتەبێژ متمانەی لێ بسەنێتەوە. لەگەڵ لێسەندنەوەی متمانە، یەکسەر هەم لە لێپرسراوەتیی ئۆرگانەکەی دەخرێ هەم لە ئەندامەتیی مەکتەبی سیاسی. ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەتوانێ چاودێرێکی کارا بێ لەسەر لێپرسراوانی ئۆرگانەکان.

پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم بە بەراورد لەگەڵ پەیڕەوە ناوخۆکانی پێشوو، بایەخێکی زۆرتری بە پۆستی وتەبێژی فەرمیی حزب داوە. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە ماددەی ٣٩ ی پەیڕەوی ناوخۆ بە پێویستی زانیوە وتەبێژی فەرمی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێ و لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵببژێردرێ. لە هەر چوار پەیڕەوی ناوخۆ، تەنها پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم وای داناوە کە دەبێ وتەبێژی فەرمیی حزب ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێ و بە هەڵبژاردن لێپرسراوەتییەکە وەرگرێ. پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی یەکەم بە هیچ شێوەیەك بە لای باسکردنی بابەتی وتەبێژی فەرمیدا نەچووە، لە کاتێکدا پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم لە بڕگەی ٩ی ماددەی ٢٧ دا دەسەڵاتی دانانی وتەبێژی فەرمیی بە سکرتێری گشتی داوە و ئەو مەرجەی داناوە کە دەبێ وتەبێژی فەرمی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بێت. لە روی کردارەکییەوە، لە پەیڕەوی ناوخۆی هەر سێ کۆنگرەی پێشوو، ئەرکی وتەبێژی فەرمی بە ئەندامانی سەرکردایەتی سپێردراوە، چ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بن چ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بە هیچ شێوەیەك ئەو مەرجە دانەنراوە کە دەبێ وتەبێژی فەرمی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێت. ئەوەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم بڕیاری لێ دراوە، لەگەڵ ستراکچەری رێکخراوەیی تازەی حزب باشتر وێك دێتەوە.

هەروەها ماددەی ٣١ لە بڕگەی چوارەمدا دوا هەنگاوی بۆ تەواوکردنی پەیکەرەی مەکتەبی سیاسی ناوە، ئەویش بەوەی کە پەسەندی کردووە سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەشداری لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا بکات.

پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم ئەو دەستەواژە کلاسیکییەی تێدا نیە کە مەکتەبی سیاسی «لە نێوان دوو کۆبونەوەدا» جێبەجێکاری بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتییە، وەك لە بڕگەی دووەمی ماددەی ٣٦ی پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەمدا هاتووە. پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم مەودای لێپرسراوەتیی مەکتەبی سیاسیی بەرینتر کردووە و لە بڕگەی پێنجەمی ماددەی ٤٠دا مەکتەبی سیاسیی کردۆتە «بەرپرس» بە شێوەیەکی رەهاتر، نەك تەنها لە نێوان دوو کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، هەم لە بەردەم ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەم لە بەردەم هاوسەرۆك.

هەروەها پەیڕەوی ناوخۆ لە هیچ ماددەیەکیدا باسی جێگر یان یەدەکی مەکتەبی سیاسیی نەکردووە. ئەمەش بە یەکجارەکی کۆتایی بە مشتومڕی پێویستیی بونی یەدەکی مەکتەبی سیاسی هێناوە.

پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەم لە خاڵێکی تردا جیاوازیی لە پەیڕەوە ناوخۆکانی پێش خۆی هەیە، ئەویش لەوەدا کە لە بڕگەی دەیەمی ماددەی ٤٠دا ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بەوە پابەند کردووە کە لە کارکردندا خۆیان بە تەواوی بۆ کاری حزبی تەرخان بکەن و هیچ لێپرسراوەتییەکیان لە

ناو حکومەت یان لە پەرلەماندا نەبێ. بەم بڕگەیە کۆتایی بەوە هات کە ئەندامی سەرکردایەتی هەم ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێ هەم لێپرساوەتییەکی گەورە لە ناو حکومەت یان لە ناو پەرلەمان لە ئەستۆ بگرێ، بەتایبەتی کە ئەزمون نیشانی داوە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، کاتێك لێپرساوەتی لە حکومەت و پەرلەمان دەگرێتە ئەستۆ، زۆر بە ئەستەم دەپڕژێتە سەر کارە حزبییەکەی و ناچار دەبێ زۆربەی کاتەکەی بۆ پۆستە گشتییەکەی تەرخان بکات نەك بۆ کارە حزبییەکەی.

## پاشکۆی ژمارە ١

## ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ماوەی سالأنی ١٩٧٧ – ٢٠١٩ دا

١. نەوشیروان مستەفا.
٢. کۆسرەت رەسول عەلی.
٣. عەلی عەسکەری.
٤. رەسول مامەند.
٥. دکتۆر کەمال خۆشناو.
٦. شاسوار جەلال.
٧. فازڵ کەریم ئەحمەد.
٨. جەبار فەرمان .
٩. دکتۆر فوئاد مەعسوم.
١٠.عومەر عەبدوڵڵا.
١١.عومەر سەید عەلی.
١٢. دکتۆر کەمال فوئاد.
١٣.عومەر فەتاح.
١٤.مەلا بەختیار.
١٥.قادر حاجی عەلی .
١٦. قادر حەمە جان.
١٧.رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش.
١٨.ئاسۆ مامەند.
١٩.دکتۆر بەرهەم سالح.
٢٠.مەحمود سەنگاوی.
٢١. دکتۆر ئەرسەلان بایز.
٢٢. عەدنان موفتی.
٢٣. هێرۆ برایم ئەحمەد.
٢٤. فەرەیدون عبدولقادر.
٢٥. عەلی حەوێز.
٢٦.جەمال حەکیم ئاغا.
٢٧. دکتۆر نەجمەددین کەریم.
٢٨. ئازاد هەورامی
٢٩. قادر عەزیز.
٣٠.دکتۆر عومەر شێخموس.
٣١. جەمال تاهیر
٣٢.عیماد ئەحمەد.
٣٣. جەعفەر شێخ مستەفا.
٣٤. دارۆ شێخ نوری .
٣٥. سالار عەزیز.
٣٦. تاهیر عەلی والی بەگ.
٣٧. نازم عومەر دەباغ.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## پێکهاتەی مەکتەبی سیاسیی کۆنگرەی چوارەم

١. لاهور شێخ جەنگی ( هاوسەرۆك )*.
٢. بافڵ تاڵەبانی ( هاوسەرۆك).
٣. فەرید ئەسەسەرد ( سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی )**.
٤. قادر عەزیز ( کارگێڕ ).
٥. رزگار عەلی حەمە جان (کارگێڕ ).

٦. دەرباز كۆسرەت رەسول (كارگێڕ).
٧. رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش (كارگێڕ).
٨. شاناز برایم ئەحمەد (كارگێڕ).
٩. شـاڵاو عـەلـی عـەسـكـەری ( لـێپـرسـراوی مەكتەبی ڕێكخستن)
١٠. رزگار حاجی حەمە (لێپرسراوی مەكتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری ).
١١. حامد حاجی غالی (لێپرسراوی مەكتەبی كۆمەڵایەتی و پێكهاتەكان).
١٢. میران محەمەد عەباس (لێپرسراوی مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان).
١٣. سەعدی ئەحمەد پیرە ( لێپرسراوی مەكتەبی ناوەندەكانی دەرەوە).
١٤. لەتیف عومەر مستەفا (لێپرسراوی مەكتەبی راگەیاندن).
١٥. ئـاسـۆ مـامـەنـد (لـێـپـرسـراوی دەزگـــای هەڵبژاردن).
١٦ بورهان سەعید سۆفی (لێپرسراوی مەكتەبی شەهیدان و تێكۆشەران).
١٧. سۆران جەمال تاهیر (لێپرسراوی مەكتەبی پەیوەندییەكان).
١٨.ئەمین بابە شێخ (وتەبێژی فەرمی).

## مەكتەبی شەهیدان و تێكۆشەران

ئۆرگانی تایبەت بە كاروباری شەهیدان و تێكۆشەرە دێرینەكان. پێكهێنانی مەكتەبەكە رەنگدانـەوەی پابەندبونێكی ئیتیكییە لە لایەن یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە بە هێشتنەوەی یادی شەهیدان بە زیندویی و دابینكردنی ژیانێكی شایستە بۆ میراتگرەكانیان و ژیانێكی سـەربـەرزانـە بۆ تێكۆشەرە دێرینەكان. مێژوی بیركردنەوە لە پێكهێنانی دامـەزراوەیـەكـی تایبەت بە كاروباری شەهیدان، بۆ نیوەی یەكەمی ساڵانی نەوەدەكانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام پرۆسەكە، بە تێكڕایی، سێ قۆناغی بە خۆیەوە دیوە.

قۆناغی یەكەم پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەست پێ دەكا كە تێیدا مەسەلەی شەهیدان دورنمایەكی نیشتمانیی وەرگــرت، بـەڵام لـەبـەر هەلومەرجی دژواری پاش بڕانەوەی جەنگی دووەمـی كەنداو و سەپاندنی ئابڵوقەی ئابوری بەسەر عیراقدا لە لایەك و سەپاندنی ئابڵوقەیەكی دیكەی ئابوری بەسەر كوردستاندا لە لایـەن رژێمی عیراقەوە، سەرباری هەڵایسانی شـەڕی ناوخۆ لە كوردستان لە ساڵی ١٩٩٤، دەرفەتێكی زۆر بۆ مشورخواردنی كاروباری پەیوەند بە شەهیدان و كەسوكاریان نەهاتە ئاراوە، بەڵام لەسەر ئاستی ڕێكخراوەیی، كۆمیتەیەكی ڕێكخستن بە ناوی كۆمیتەی شەهیدان پێك هێنرا.

گرنگترین هەنگاو لەو قۆناغەدا، پێكهێنانی مەكتەبی شەهیدانە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ بە لێپرسراوەتیی سەعدون یەدوڵڵا شەفی. یەكێ لە ئەركە گرنگەكانی مەكتەبی شەهیدان لەو قۆناغەدا، دابینكردنی ژێرخانی پرۆسەی ڕێكخستنی كاروباری شەهیدان بوو. لە ساڵی ١٩٩٩ دا مەكتەبی شەهیدان هەڵوەشێنرایەوە، بە هەموو كارمەند و دۆسێ و داتاكانییەوە خرایە سەر ئیدارەی سلێمانیی حكومەتی هەرێمی كوردستان، دەزگـای شەهیدانی شۆڕشی گەلی كوردستانی لێ دروست كرا و عەبدولكەریم حاجی كرایە لێپرسراوی. دەزگای شەهیدان بە شێوەیەكی كارا خزمەتی كەسوكاری شەهیدانی كرد. هەموو ئەو بەرپرسانەی لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایەیان گرتە ئەستۆ، لە پێشمەرگە دێرینەكان بون لەوانە شۆڕش ئیسماعیل، حامد حاجی غالی، مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر. پاش پێكهێنانی كابینەی یەكگرتوو لە ساڵی ٢٠٠٥، وەزارەتـی شەهیدان پێك هات و لەم سەروبەندەدا ئەركەكانی دەزگای شەهیدانی

شۆڕشی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی بۆ وەزارەتی شەهیدان گوێزرانەوە.

سەرەڕای بونی وەزارەتی شەهیدان، لە ناو سەرکردایەتیدا ئەو بۆچونە هەبوو کە حزب پێویستی بە رایەڵەیەکە بۆ توندوتۆڵ کردنی پەیوەندیی بە کەسوکاری شەهیدانەوە. بیرۆکەی دروستکردنی رایەڵەکە تا پێش بەستنی کۆنگرەی سێیەم هەر بە کارایی مایەوە.

قۆناغی دووەم لە کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ٢٠١٠ دەست پێدەکا. لەوێ مەسەلەکە بەلایەکدا خرا و بڕیاری دروستکردنی مەکتەبی شەهیدان درا. پەیڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم لە ماددەی ٥٧ دا ئەرکەکانی مەکتەبەکەی بەم جۆرە دیاری کرد:

١-سەرپەرشتی کردنی کاروباری پەیوەند بەشەهیدان.

٢-دابین کردنی مافەکانی شەهیدان بەپێی ئەو یاساو رێسایانەی کە لە دامودەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەت دیاری کراون.

٣-دانانی بەرنامە بۆ راگرتنی سەروەری و یادی شەهیدان و تۆمارکردنی مێژووی خەباتیان.

٤-کردنەوەی بەشێکی تایبەت بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروبارو پێداویستییەکانی نەوەکانی شەهیدان کە لە لایەن نەوەکانی شەهیدان خۆیانەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

هەروەها بەپێی پەیڕەوی کاری مەکتەب، ئەرکەکان بەمجۆرە دیاری کراون:

«١-گرنگیدان بە کەسوکاری شەهیدان و دۆزینەوەی هەلی کارو رەخساندنی زەمینەی دامەزراندنیان لە دەزگا حکومییەکان و کەرتی تایبەتدا.

٢-چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون بۆ کەسوکاری شەهیدان.

٣-قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان لە چوارچێوەی یاساکانی هەرێمدا و ناساندنی تاوانەکانی جینۆسایدو ئەنفال و کیمیاباران لەئاستی نێودەوڵەتیدا.

٤-دابینکردنی دەرماڵەی خوێندکاران بۆ نەوەی شەهیدان و رەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ تەواوکردنی خوێندنیان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

٥-زیندوو راگرتنی یادی شەهیدان و پێدانی مەدالیای رێزلێنان بەپێی بەرنامەیەکی تایبەت و گونجاو بەپێی ساڵ و خزمەتیان.

٦-چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی خانەوادەی شەهیدان چ لە ناوەوە یان لەدەرەوەی وڵات.

٧-دروستکردنی مۆزەخانەو ئەرشیف کردن و دیکۆمێنت کردنی تایبەت بە شەهیدان، بۆ کەلوپەلی رۆژانی خەباتیان.

٨-دروستکردنی پرۆژەی گەورەو بچوك بۆ سودمەندبوونی کەسوکاری شەهیدان.

٩-سودمەند بوون لە پشکی پرۆژەکانی کۆمپانیاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەپێی سیستمێکی گونجاو لەبەر رۆشنایی راسپاردەکانی کۆنگرەی سێ.

١٠- توندوتۆڵ کردنی رایەڵەی پەیوەندیی نێوان کەسوکاری شەهیدان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

١١-دابینکردنی ژیانێکی شایستە بە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان.

١٢-داکۆکیکردن لە ماف و ئیمتیازاتەکانی کەسوکاری شەهیدان بەپێی پلان و بەرنامەیەکی گونجاو».

پاش کۆنگرە، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی وەسفیە بەنی وەیس بە لێپرسراوی مەکتەبەکە دانرا و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بڕیار درا مەکتەبەکە حەوت ئەندامی مەکتەبی هەبێ.

پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم لە سێکتەری ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ژێر

سەردێڕی «کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران» دا شەش ئامانجی پەیوەند بە کەسوکاری شەهیدان دیاری کردووە. هەرچەند لە سێکتەرەکەدا ناوی مەکتەبی شەهیدان نەهاتووە، بەڵام هەموو ئامانجە ڕاگەیەنراوەکان، بەکردەوە، لەو ئامانجانەن کە ئەرکی بەدیهێنانیان بە مەکتەبی شەهیدان سپێردراوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

«١-کارکردن بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بە کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانی شۆڕش، قوربانییانی ئەنفال، کیمیاباران و هەوڵدان بۆ قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئەم کارەساتە.

٢-چاودێریکردن و گرنگیدان بە منداڵانی شەهیدانی شۆڕش و قوربانییانی ئەنفال، کیمیاباران و کارئاسانی کردن بۆ تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

٣-زیندوو ڕاگرتنی ناو و یادەوەریی شەهیدان و قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران بە شێوازی جۆراوجۆر لە پەروەردە و پێگەیاندندا.

٤-هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوان.

٥-درێژەدان بە هەڵمەتی گەڕان بە دوای چارەنوسی ئەنفالکراوان و هێنانەوەی ڕوفاتە پیرۆزەکانیان بۆ زێدی باوو باپیرانیان.

٦-هەوڵدان بۆ بەجینۆساید ناساندنی کەیسی ئەنفال لە هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوە».

مەکتەب لەو قۆناغەدا لە بەشەکانی ئیدارە و دارایی، کاروباری یاسایی، ئامار و زانیاری، پەیوەندییەکان و بەدواداچون، ڕاگەیاندن، کاروباری نەوەی شەهیدان و پرۆژەکان پێك هات و هەر یەکێ لەو حەوت بەشە ئەندامێکی مەکتەب بەڕێوەی برد.

یەکەم دەستەی ئەندامانی مەکتەبەکە لەم حەوت ئەندامە پێك هاتبوو: قاسم مستەفا ئەحمەد، ئارام محەمەد قادر، هەژار حەسەن کوێستانی، ئاواز کەمال، شەم نادر، حەمە ئەمین حەمە عەلی و شلێر حەمە ڕەشید.

قۆناغی سێیەم لە ساڵی ٢٠١٩ بە کۆنگرەی چوارەم دەست پێدەکا کە تێیدا گۆڕانکاریی گەورە بەسەر پێکهاتەی مەکتەبەکەدا هات، لە ناوەکەیەوە کە کرایە مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران تا ئەرکە پێسپێردراوەکانی.

بەپێی ماددەی ٥٠ی پەیڕەوی ناوخۆ، مەکتەب لە دوو بۆرد هات، کە یەکێکیان بۆردی شەهیدان و کاروباری جینۆسایدە و هەمان ئەو ئەرکانەی هەیە کە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەم بۆ مەکتەبەکەی دیاری کردووە. ئەوی تر بۆردی تێکۆشەرانە کە لە ژێر چەترەکەیدا هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی پێشمەرگەی دێرین و کەمئەندامانی سەنگەر و زیندانییانی سیاسی و ڕێکخستنە دێرینەکان کۆکراونەتەوە. بەپێی بڕگەی دووەمی هەمان ماددە، هەر بۆردێك لە ٣ تا ٥ ئەندامی مەکتەب پێکدێ. بڕگەی سێیەمی هەمان ماددە ڕونی دەکاتەوە کە مەکتەب «لە ڕێگای لایەنی پەیوەندیدار و پەرلەمان و حکومەتەوە» کار بۆ ئەوە دەکات کە «ماف و خزمەت» بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانییانی کیمیاباران و جینۆساید و ئێزدییەکان دەستەبەر بکات.

ساڵی ٢٠٢٠ پەیکەری مەکتەبەکە بە دوو قۆناغ ڕێك خرا: لە قۆناغی یەکەمدا، لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی مەکتەبەکاندا، لە ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠ دا بورهان سەعید سۆفی بە لێپرسراوی مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران هەڵبژێردرا. لە قۆناغی دووەمدا، لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردی مەکتەبەکاندا، لە ٢٥ی نیسانی ٢٠٢٠ دا چرا عومەر سابیر بە لێپرسراوی بۆردی شەهیدان و کاروباری جینۆساید و

ئیكرام عەلی ئەمین بە لێپرسراوی بۆردی تێكۆشەران هەڵبژێردران.

## مەكتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئـۆرگـانـی بـیـر و هۆشیاری و پێگەیاندنی كـادیـران و دەزگـای راسپێردراو بە پاراستنی ئـەرشـیـفـی یـەكـێـتـیـی نیشتمانیی كوردستان.

مـێژوی ئـەم مـەكتەبە بـە چـوار قۆناغدا تێپەڕیوە. قۆناغی بەرایی بۆ ساڵی ١٩٩٤ دەگەڕێتەوە، كاتێك بڕیار درا دامەزراوەیەكی تازە لە هەولێر بە ناوی مەكتەبی هۆشیاری و روناكبیرییەوە پێك بهێنرێ بۆ ئـەوەی بایەخ بە كـاروبـاری بیر و روناكبیری و هۆشیاری بدات. لێپرسراوەتیی دەزگاكە بە مەحمود خدر حسێن ناسراو بە مامۆستا گۆران سـپـێـردرا و جـێـگـرەكـەی ئـەبـوبـەكـر خـۆشـنـاو بـوو. مەكتەبەكە لە حەوت ئەندام پێك هات كە ئەمانەن: فەرید ئەسەسەرد، ئازاد جندیانی، نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا، ئاریز عەبدوڵڵا ئەحمەد، جەلال بەرزنجی، پـێـشـەوا تـاڵـەبـانـی و سـیـروان ئـەحـمـەد. زۆربــەی كادیرەكانی مـەكتەبەكە، بە لێپرسراو و جێگرەوە، لە كاتی بانگەشەی یەكگرتنەوەی چەپەكاندا كە تاڵەبانی سەركردایەتیی كردبوو، وازیان لە حزبەكانی خۆیان هێنا بوو و پەیوەندییان بە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە كـردبـوو. لـەو سۆنگەیەشەوە كە ئەو كادیرانە ئاستێكی بـەرزی رۆشنبیرییان هەبوو، بە گونجاو و پـەسند زانـرا كە ژمارەیەكیان لەگەڵ كادیرەكانی یـەكـێـتـیـی نـیـشـتـمـانیی كـوردسـتـان، لە مەكتەبێكدا كۆ بكرێنەوە تاكو سود لە بەهرە و توانای رۆشنبیرییان وەربگیرێ. لە ٩ كادیری مەكتەبەكە، شەشیان لەو كادیرانە بون كە بە پیر بانگەوازەكەی تاڵەبانییەوە سەبارەت بە یەكگرتنەوەی چەپەكان هاتبون و پەیوەندییان بە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە كردبوو، لەوانە هەندێكیان پێشتر كادیر و پێشمەرگەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بون بەڵام وازیان لێ هێنا بوو و لە سەروبەندی بانگەشەی یەكگرتنەوەی چەپەكاندا گەڕابونەوە بۆ ناو ریزەكانی.

لـەو قـۆنـاغـەدا ئـەركی پێگەیاندنی كـادیـران لە ئەستۆی مەكتەبەكەدا نەبوو، بەڵكو لە ئەستۆی مەكتەبی رێكخستندا بـوو. بۆیـە لـەو قۆناغەدا مەكتەبەكە هیچ رۆڵێكی لە پێگەیاندنی كادیراندا نیە.

ئەركی دەركردنی گۆڤاری «رێبازی نوێ» كە پێشتر مەكتەبی راگەیاندن و مەكتەبی رێكخستن پێكەوە دەریان دەكرد، بەم دەزگایە سپێردرا و لەم رووەوە پێشەوا تاڵەبانی كە پێشتر سەرنوسەری گۆڤارەكە بوو، بـەردەوام بوو لەسەر كاركردن تێیدا وەك سەرنوسەر. ئاریز عەبدوڵڵا بووە سكرتێری نوسینی گۆڤارەكە.

پاش شەش مانگ لە دامەزراندنی مەكتەبەكە، بەشێكی ئەندامەكانی بۆ ئۆرگانی تر گوێزرانەوە و بەشێكی دیكەیان، لەبەر سەرقاڵبوونیان بەكاركردن لە ئۆرگانەكانی خۆیان، نەیانتوانی ئەركەكانیان لەم مەكتەبە رایی بكەن. بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ و كاریگەریی لەسەر رەوشی گشتیی ئاسایش لە نـاو شـاری هـەولێر، رەنـگدانـەوەی خـراپـی لەسەر رەوتـی بەڕێوەچوونی كاروباری مەكتەبەكە هەبوو. مەكتەبەكە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بوو و پاشان هەڵوەشایەوە.

قۆناغی دووەم لە ساڵی ٢٠١٠ دەست پێ دەكا. بیرۆكەی زیندوكردنەوەی مەكتەبەكە، بۆ كۆنگرەی

دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگەڕێتەوە کە تێیدا بیر لە دامەزراندنی ئۆرگانێك بۆ تاوتوێکردنی کاروباری فەلسەفەی سیاسی و بیری هاوچەرخ کرایەوە و لەم رووەوە گفتوگۆی تێر و تەسەل کرا. دواتر بڕیار درا سەرکردایەتیی داهاتوو مشوری ئەم پرسە بخوا و هەنگاوی پێویستی بۆ بنێ.

لە ١٦ی شوباتی ٢٠٠١دا کۆنفرەنسێکی فیکری لە هۆڵی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە قەڵاچوالان، بە سەرپەرشتیی سکرتێری گشتی و ئامادەبوونی ژمارەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندامانی مەکتەب و مەڵبەند و کادیرەکانی راگەیاندن و رێکخراوە دیموکراتییەکان، بەسترا. پاش گفتوگۆ سەبارەت بە بابەتە سەرەکییەکان، کۆنفرەنس بڕیاری پێکهێنانی دەزگایەکی بۆ مشورخواردنی کاروباری بیر و هۆشیاری دا.

لە ١٦ی ئازاردا یەکەم کۆبوونەوە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنفرەنسەکە، لە قەڵاچوالان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بە سەرپەرشتیی سکرتێری گشتی و ئامادەبوونی مەلا بەختیار، ئەرسەلان بایز، عیماد ئەحمەد و فەرید ئەسەسەرد بەسترا و تێیدا ئەرکەکان و شێوەی پێکهێنانی دەزگاکە و ئاستی رێکخراوەیی، گفتوگۆی لەسەر کرا. لە ٢٦ی ئازاردا کۆبوونەوەیەکی تر لە بارەگای رێکخراوە دیموکراتییەکان بە سەرپەرشتیی مەلا بەختیار و ئامادەبوونی ژمارەیەك ئەندامی سەرکردایەتی و کادیری پێشکەوتوو وەك درێژەپێدانی کۆبونەوەی پێشوو بەسترا و تێیدا گفتوگۆ سەبارەت بە هەڵبژاردنی ناوێکی شیاو بۆ ئۆرگانەکە کرا. لەم کۆبونەوەیەدا بڕیار درا ئۆرگانەکە ناوی مەکتەبی بیر و هۆشیاریی لێ بنرێ.

لە ٣ی حوزەیراندا فەرمانی پێکهێنانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری لە لایەن دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسییەوە دەرچوو. دوا بەدوای ئەمە، لە ٧ی حوزەیراندا بڕیاری دانانی عیماد ئەحمەد بە لێپرسراوی مەکتەب و فەرید ئەسەسەرد بە جێگری لێپرسراوی مەکتەب و دەستبەکاربوونی هەر یەك لە عادل ناسر، نیاز سەعید عەلی و تەحسین نامق عەبدوڵڵا وەك ئەندامانی مەکتەب دەرچوو. دواتر، هەر یەك لە یوسف گۆران و زرار عەبدوڵڵا مستەفا کران بە ئەندامی مەکتەب.

لە سەرەتای تەموزی ٢٠٠٢دا عیماد ئەحمەد کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی، لەم سۆنگەیەوە فەرید ئەسەسەرد لێپرسراوەتیی مەکتەبەکەی گرتە ئەستۆ. لە کانونی دووەمی ٢٠٠٤دا فازڵ کەریم ئەحمەد کرایە لێپرسراوی مەکتەب و دواتر تەحسین نامق عەبدوڵڵا کرایە جێگری.

ناوی مەکتەبەکە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دووەم بەرچاو ناکەوێ چونکە مەکتەبەکە پاش کۆنگرە دامەزراوە. لە حوزەیرانی ٢٠١٠دا لە پڕۆژەی رێکخستنەوەی مەکتەبەکاندا، مەکتەبەکە حەوت ئەندامی مەکتەبی بۆ دیاری کرا کە ئەمانەن: تەحسین نامق عەبدوڵڵا (یاریدەدەری لێپرساو)، خەلیل عەبدوڵڵا، حەسەن یاسین، عوسمان حەمە رەشید گورون، بەکر سدیق، کاوسێن بابەکر حسێن و نیاز سەعید عەلی.

لەم قۆناغەدا کە کەوتۆتە نێوان کۆنگرەی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ و کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ٢٠١٠، مەکتەب سێ گۆڤاری فیکریی دەرکردووە، ئەویش ئەم گۆڤارانەن: «بیر و هۆشیاری» کە سەرنوسەرەکەی عیماد ئەحمەد بووە و لە ماوەی ٢٠٠٢-٢٠٠٣دا پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، «جیهانی روناکبیری» کە سەرنوسەرەکەی زرار عەبدوڵڵا مستەفا بووە و لە ماوەی ٢٠٠٢- ٢٠٠٣دا دوو ژمارەی لێ دەرچووە،

«نۆڤین» کە سەرنوسەرەکەی فازڵ کەریم ئەحمەد بووە و لە ماوەی ٢٠٠٦-٢٠١٠ دا شانزە ژمارەی لێ دەرچووە.

قۆناغی سێیەم ماوەی ٢٠١٠-٢٠١٩ دەگرێتەوە و بە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەست پێ دەکا کە تێیدا بڕیار درا ناوی مەکتەبی بیر و هۆشیاری بکرێ بە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران و ئەرکەکانی زیاد بکرێن. پاش کۆنگرە، لە تەموزی ٢٠١٠دا فەرید ئەسەسەرد بۆ جاری دووەم لێپرساوەتیی مەکتەبەکەی گرتە ئەستۆ. پێکهاتە و ئەرکەکانی مەکتەبەکە وەك لە ماددەی ٦٥ی پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی سێیەمدا هاتووە، بەم جۆرەیە:

١-ئـەم ئەکادیمیایە بەپێی پێویست لـە چەند کادیرێکی شارەزا و پسپۆر پێکدێت.

٢-کردنەوەی خول لە بواری جیاجیادا بۆ کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

٣-ڕێکخستنی ئەرشیف و دیکۆمێنتکردنی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٤-دەرکردنی گۆڤارێکی فیکری.

٥-بایـەخدان بە تویژینەوە و بیر و رۆشنبیریی هاوچەرخ و سازکردنی کۆڕ و کۆنفرانس.

٦-ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی ناو بەناو دەربارەی ڕووداوەکانی ناوچەکە، جیهان و ئاراستەکانی ڕای گشتیی خۆماڵی کە تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئۆرگانەکان دەبێ.

لەم قۆناغـەدا مەکتەبەکە کراوە بە دوو بـۆردەوە، یەکێکیان بـۆردی هۆشیارییە کە ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆ دایە کە لە بڕگەکانی ٣و ٤و ٥و٦ی ماددەی ٦٥ی پەیڕەوی ناوخۆدا دەستنیشان کراون و بریتین لە ڕێکخستنی ئەرشیف، دیکۆمێنت کردنی مێژوی حزب، دەرکردنی گۆڤارێکی فیکری و ئامادەکردنی راپۆرت دەربـارەی رووداوەکـانـی ناوچەکە و جیهان و ئاراستەکانی رای گشتیی خۆماڵی، ئەوی تر بۆردی ناوەنـدی پێگەیاندنی کادیرانە ، کە بڕگەی ٢ی مـاددەی ٦٥ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەرکەکەی دیاری کردووە و بریتیە لە کردنەوەی خول لە بواری جیاجیادا بۆ کادیرانی حزب لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات. بۆردی هۆشیاری راستەوخۆ لە لایەن لێپرساوی مەکتەبەوە بەڕێوە بـراوە، لە کاتێکدا بـۆردەکـەی تر لە ماوەی ٢٠١٠-٢٠١٣دا عـارف روشـدی لێپرساوی بـووە و لە مـاوەی ٢٠١٣-٢٠١٩دا بێستون سابوراوایی لێپرساوەتییەکەی گرتۆتە ئەستۆ. ئەندامانی پێشوی مەکتەبی بیر و هۆشیاری بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بونە ئەندام لە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران. پێش بەستنی کۆنگرەی چوارەم، ئەکادیمیا هەشت ئەندامی مەکتەبی هەبوو کە ئەمانەن: حەسەن یاسین، نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا، جەمیلە مەحمود کەریم، عوسمان حەمە رەشید گورون، عوسمان شاکر حەسـەن، ئومێد قـەرەداغـی، عـادل عەلی سـەلام و سیروان محەمەد.

لەم قۆناغەدا ئەکادیمیا دوو گۆڤاری دەرکردووە: «کەلتور» کە سەرنوسەرەکەی فەرید ئەسەسەرد بووە و لە مـاوەی ٢٠١٠-٢٠١٥دا چـوارده ژمـارەی لێ دەرچووە، «مەرسەدی دەولی» کە بە زمانی عەرەبی دەرچووە و سەرنوسەرەکەی غەسان نەعسان بووە و لە ماوەی ٢٠١١-٢٠١٢ دا سیانزە ژمارەی لێ دەرچووە.

راپـۆرتـی جێگری سکرتـێری گشتی کـە لە کۆنگرەی چوارەم خوێنرایەوە، بە شێوەیەکی ئەرێنی چالاکییەکانی ئەکادیمیای هەڵسەنگاندووە و تێیدا هاتووە کە «ڕێکخستنی ئەرشیف و دیکۆمێنت کردنی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بایەخدان بە تویژینەوە و هزر و رۆشنبیریی هاوچەرخ، سازکردنی

کۆڕ و کۆنفرەنس، دەرکردنی گۆڤارێکی فیکری و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی ناوبەناو دەربارەی روداوەکانی ناوچەکە و جیهان، ئەرکی ئەکادیمیاکەن».
هەروەها راپۆرتەکە نیشانی داوە کە ئەکادیمیا لە ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٩دا ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوە و گۆڤار و رۆژنامەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیی دیکۆمێنت کردووە و چاپی کردونەتەوە و لە ماوەی ٢٠١٣-٢٠١٦دا سێ چاپی لە ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرکردووە و هەروەها لە هەمان ماوەدا ٢٠٣ بڵاوکراوەی بە شێوەی کتێب و گۆڤار و نامیلکە دەرکردووە.

راپۆرتەکە نیشانی داوە کە بۆردی ناوەندی پێگەیاندنی کادیران لە هەمان ماوەدا خولی بۆ ٢١٦٢ کادیر کردۆتەوە، پەیمانگای کادیرانی قەڵاچوالان خولی بۆ ٦٥٣ کادیر کردۆتەوە، پەیمانگای پەروەردەی مەدەنی خولی بۆ ٧٩٧ کادیر کردۆتەوە و پەیمانگای کادیرانی هەولێر خولی بۆ ٦٢١ کادیر کردۆتەوە و لە کۆی گشتیدا لە ماوەی نێوان کۆنگرەی سێیەم و کۆنگرەی چوارەمدا خول بۆ ٤٢٣٣ کادیر کراوەتەوە.

قۆناغی چوارەم لە ساڵی ٢٠١٩دا دەست پێ دەکا. لەو ساڵەدا لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەر ئەرکەکانیدا هات و فراوانیش کرا. ناوەکەشی دەستکاری کرا و کرایە مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری و سێ بۆردی لێ پێك هێنرا کە بریتین لە بۆردی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران کە جێی هەمان ناوەندی پێشوی پێگەیاندنی کادیرانی گرتەوە، بۆردی توێژینەوە و روناکبیری کە هەمان بۆردی هۆشیارییە و بۆردی ئەرشیف و مێژوو. هەروەها بڕیار درا هەر بۆردێك ٣ تا ٥ ئەندامی مەکتەبی هەبێ. لە ١٠ی ئازاری ٢٠٢٠ دا رزگار حاجی حەمە بە لێپرسراوی مەکتەبەکە هەڵبژێردرا. لە ٢٥ی نیساندا هەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردەکان کرا، لە ئەنجامدا بێستون سابوراوایی بۆ بۆردی پێگەیاندنی کادیران هەڵبژێردرا، فەهیمە سابیر بۆ بۆردی توێژینەوە و روناکبیری و خەمینە ساڵح بۆ بۆردی ئەرشیف و مێژوو. پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ماددەی ٤٩ی بۆ مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری تەرخان کردووە و لە بڕگەی دووەمدا وای داناوە کە ئەرکی بۆردەکان «بەپێی پسپۆری» لە پەیڕەوی کاری مەکتەب دیاری دەکرێ و لە بڕگەی سێیەمدا چۆتە سەر باسکردنی ئەندامانی مەکتەب و جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە دانانی ئەندامی مەکتەب « لەسەر بنەمای پسپۆری و توانا و لێوەشاوەیی دەبێت» و لە بڕگەی دواتردا وای داناوە کە هەر بۆردێك ٣ تا ٥ ئەندامی مەکتەبی دەبێت.

## مەکتەبی مافی مرۆڤ

ئۆرگانێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٦ دامەزراوەو بارەگای سەرەکیی لە هەولێر بووە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم مەکتەبە دوای کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی دامەزراوە، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکراوە.

لەو کارنامەیەی کە مەکتەب لە ساڵی ١٩٩٦ دایناوە، بەمجۆرە باسی ئامانجە گشتییەکانی کراوە:

١-داکۆکی و چاودێری کردنی مافی هەموو ئەو مرۆڤانەی لە سنوری هەرێمی کوردستاندا

نیشتەجێن، بەبێ جیاوازیی رەنگ، زمان، نەژاد، ئینتمای سیاسی، ئاینی... هتد.

٢-بەدواداچوونی ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ کە لە کوردستاندا روو دەدەن و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان لەرێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

٣-بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و هاوکاریکردنی سەرجەم دەزگا حکومی و حزبی و رێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومی و ناحکومییەکان کە کار بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مافی مرۆڤ دەکەن.

٤-هەوڵدان بۆ گونجاندنی، یاخود چاککردنی ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن و لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤدا گونجاو نین.

کارنامەکە مەکتەبەکەی بەسەر شەش بەشدا دابەش کردووە کە بریتین لە بەشەکانی یاسایی، راگەیاندن، ژنان و منداڵان، ئامار، لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون، پەیوەندییەکان.

ئەرکی هەر بەشێك بەم جۆرە دیاری کراوە:

١-بەشی یاسا: کار بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسکاڵای ئەو هاووڵاتیانەی مافەکانیان پێشێل کراوە دەکات و بەرگریکردن لە هاووڵاتیان بەبێ بەرامبەر لەدام و دەزگاکانی هەرێمدا.

٢-راگەیاندن: کار بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مافی مرۆڤ لە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا دەکات لەرێگەی کەناڵە جیاجیاکانی راگەیاندنی هەرێمەوە، هەروەها ئەنجامدانی کۆڕو سیمینار، کردنەوەی خولی هۆشیاری و دەرکردنی بەیاننامە لە بۆنە و رووداوە جیهانی و ناوچەییەکاندا، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکە، سەرەڕای دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزیی تایبەت بە مافی مرۆڤ بە ناوی (پەیامی مرۆڤایەتی).

٣-ژنان و منداڵان: ئەم بەشە سەرجەم لایەنەکانی پێشێلکاری دژی ژنان و منداڵان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەگرێتەوە.

٤-ئامار: ئامارکردنی سەرجەم پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ:

ئ-ئامار کردنی پێشێلکاریی حزبە کوردستانی و عیراقییەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

ب-ئامار کردنی پێشێلکارییەکانی حکومەتی عیراق.

ج-ئامار کردنی پێشێلکاریی دەوڵەتانی دراوسێ.

٥-لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون: بەدواداچوونی ئەو کێشەو سکاڵاو پێشێلکارییانەی پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە لە سەرجەم دامودەزگا حزبی و حکومییەکانی هەرێمدا.

٦-پەیوەندییەکان: گرێدانی پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان مەکتەبی مافی مرۆڤ و سەرجەم رێکخراوە مرۆیی و خێرخوازی و دەزگا حکومییەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم.

یەکەم پێکهاتەی مەکتەب لە ساڵی ١٩٩٦دا بەمجۆرە بوو:

لێپرسراو: مەحمود خدر حسێن (گۆران)، ئەندامانی مەکتەب: هەر یەك لە گەلاوێژ جەباری، سەردار عەبدولکەریم، دکتۆر نەبەز مەجید ئەمین، حسێن عارف و دکتۆر پەری رەحیم.

لە ١٦ی حوزەیراندا لیژنەی سلێمانی بەلێپرسراوەتیی حسێن عارف و ئەندامەتیی عەبدولڕەحمان قادر غەفور (شێخ عەبدول) دامەزرا و لەم لیژنەیەدا عەزیز ئەمین بەکادیری بواری لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون دانرا.

هەر ئەو ساڵە، بە هۆی شەڕی ناوخۆوە بارەگای مەکتەب لە هەولێرەوە گوێزرایەوە بۆ سلێمانی. ساڵی ١٩٩٩ مەحمود خدر حسێن دەستی لە کار کێشایەوەو سەعدون یەدوڵڵا شەفی وەك لێپرسراوی مەکتەب جێی گرتەوە. ساڵی ٢٠٠٠ شاخەوان عەباس کرا بە

لێپرسراوی مەکتەب.

لە دووەمین کۆنگرەی یەکێتی لە ساڵی ٢٠٠١ کە لە سلێمانی بەسترا، کۆنگرە بوونی مەکتەبەکەی سەلماند. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە، بڕیار درا مەکتەبەکە لە ٥ تا ٧ ئەندام پێك بێ و ئەندامێکی کۆمیتەی سەرکردایەتی لێپرسراوی بێ. ئەرکەکانیشی بەمجۆرە دیاری کران کە بریتین لە چاودێری کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان و داکۆکی کردن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ.

ساڵی ٢٠٠٣ بەهرۆز قەشقە بوو بەلێپرسراوی مەکتەب. دوای شەهیدبوونی لە تەقینەوە خۆکوژییە تیرۆریستییەکەی ١ی شوباتی ٢٠٠٤ی ناو بارەگای مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر، نەجمەددین ڕەشید ئەمین مستەفا (جوامێر) وەك لێپرسراوی مەکتەب جێی گرتەوە.

ساڵی ٢٠٠٥ بارەگای مەکتەب بۆ کەرکوك گواسترایەوە. ساڵی ٢٠٠٩ پۆڵا سیروان تاڵەبانی بۆ ماوەی دوو مانگ لێپرسراوەتیی مەکتەبەکەی گرتە ئەستۆو دواتر فەیسەڵ عەبدولڕەحمان عەلی (سۆران) تا مانگی حوزەیرانی ٢٠١٠ لێپرسراوی مەکتەبەکە بوو.

لە ماوەی نێوان ٢٠٠٣- ٢٠١٠ مەکتەب چەند لیژنەیەکی بۆ چاودێری کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کەرکوك، گەرمیان، ڕانیە، موسڵ، خانەقین و شارەزوور دانا.

دوا ستافی ئەندامانی مەکتەب پێش کۆنگرەی سێیەم لە ساڵی ٢٠١٠، لە موحسین کەریم، جەبار شێخە، قاسم مستەفا ئەحمەد، ئەسعەد عەبدولحەمید، جەوهەر ئەسعەد، جەمیلە مەحمود کەریم، خەمینە ساڵح ئەحمەدو وریا حەمید پێکهاتبوو.

بە درێژایی ١٤ ساڵ، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٦ەوە تا حوزەیرانی ٢٠١٠، مەکتەب کارێکی زۆری بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافی مرۆڤ کردو لەم ڕووەوە ١٨ ژمارەی لەگۆڤاری «پەیامی مرۆڤایەتی» دەرکرد، بەرنامەی مافی مرۆڤی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و ڕادیۆی مەڵبەندی سلێمانی ئامادە کرد، چەندین خولی هۆشیاریی بۆ کۆمیتەکانی ڕێکخستنی مەڵبەندی سلێمانی و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و چاودێرانی مافی مرۆڤ لە کۆمیتەکان کردەوە.

## مەلا بەختیار



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوی تەواوی حیکمەت محەمەد کەریم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی شاری خانەقین. ساڵی ١٩٧٠ لە خانەقین پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە کە هەمووی چەند مانگێك بوو دامەزرابوو. بە هۆی هەڵسوڕان و بیروباوەڕە چەپڕەویەکانییەوە، کەوتە ژێر چاودێری و فشاری دەزگا ئەمنییەکانی خانەقین. ساڵی ١٩٧٢ کاتێك کە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بوو، تەنگ پێ هەڵچنینی دەزگا ئەمنییەکان ڕوی لە زیادبون کرد، بۆیە هانای بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان برد. ساڵی

دواتر گەڕایەوە بۆ خانەقین و لە خوێندنگەی ئێواران دەستی بە خوێندن کردەوە. دیسان دەزگا ئەمنییەکان تەنگیان پێ هەڵچنی. ئەمجارەش پەنای بردەوە بەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و تا ساڵی ١٩٧٥ لەوێ مایەوە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران بوو و لە ناوەڕاستی نیساندا گەڕایەوە بۆ خانەقین. پاش مانگێك گیرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، پاشان ئازاد کرا.

لەو قۆناغەدا لێپرسراوەتیی ڕێکخستنە نهێنییەکانی خانەقینی لە ئەستۆ گرت و هەماهەنگییەکی باشی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی بەغدا دروست کرد، بەتایبەتی کە خانەقین لە روی ڕێکخراوەییەوە سەر بە بەغدا بوو. لە ئەیلولی ١٩٧٥دا پاش ئاشکرابون و گیرانی ئەنوەر زۆراب کە بەرپرسی هەموو ڕێکخستنەکانی بەغدا و خانەقین بوو، ڕێکخستنەکانی بەغدا و خانەقینی کۆمەڵە شێواوییان بە خۆیەوە بینی، بەتایبەتی کە چەردەیەك دیکۆمێنتی ڕێکخستن لە ماڵەکەی گیرابون و ئەو دیکۆمێنتانە بونە مایەی مەترسی بۆ سەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە هەم لە بەغدا هەم لە خانەقین.

ئەم ڕەوشە خراپەی ڕێکخستن مەلا بەختیاری ناچار کرد خانەقین بەجێ بهێڵێ و ماوەیەك لە هەولێر و سلێمانی و کەرکوك خۆی بشارێتەوە. دوای گیرانی تەواوی ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ئێران، بۆشایی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵە پەیدا بوو و کۆمەڵە بەبێ سەرکردایەتی مایەوە. لەو هەلومەرجەدا پشتیوانیی لە هەوڵەکانی شاسوار جەلال، کادیری پێشکەوتوی کۆمەڵە، بۆ فریاکەوتنی کۆمەڵە کرد و بەشدار بوو لە پێکهێنانی کۆمیتەی هەرێمەکان کە ڕۆڵی سەرکردایەتیی دیفاکتۆی کۆمەڵەی گێڕا و پشتیوانیی لە پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی




چەکدار کرد.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا رایەڵەیەکی پەیوەندیی لەگەڵ چەند گەنجێکی شۆڕشگێڕی کوردی فەیلیی نیشتەجێی بەغدا دروست کرد کە ڕێکخراوێکی نهێنییان بە ناوی خوێنی شەهیدانەوە دامەزراندبوو و باوەڕیان وا بوو کە پێویستە شەڕ بۆ ناو ماڵی دوژمن بگوازرێتەوەو لە خودی بەغدای پایتەختدا چالاکیی شۆڕشگێڕانە دژی کاربەدەستان و دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس ئەنجام بدرێ. لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوەکەدا کە ئەو لە سلێمانی سازی کرد، توانیی بیانباتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕێکخراوەکە وەك هێڵێکی ڕێکخستنەکانی بەغدای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بنوێنێ و لەم سەروبەندەدا بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوی «هەڵۆی سور» هاتە ئاراوە کە دەستی بە چالاکیی شۆڕشگێڕانە کرد لە ناو شاری بەغدا.

لەو ماوەیەدا سەرپەرشتیی پێکهێنانی هەندێ لە

مەفرەزە سەرەتاییەکانی قەرەداغ و گەرمیان و بازیانی کرد. خۆیشی پاش تەواوکردنی ئەم ئەرکە، لە کانونی یەکەمی ١٩٧٦دا روی کردە قەرەداغ و لەوێ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد.

ساڵی ١٩٧٧ بەشداریی لە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد کە پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ وڵات لە برادۆست بەسترا و تێیدا بە ئەندامی یەکەم کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

لە کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لە گوندی نۆکان لە ساڵی ١٩٧٨ کە تێیدا سەرکردایەتییەکی کاتی بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردرا، بە ئەندامی سەرکردایەتیی هەڵبژێردرا. لە نیسانی هەمان ساڵدا بووە فەرماندەی هەرێمی یەکی هەورامان کە یەکێ لە هەرێمە چالاکەکانی هێزی پێشمەرگە بوو. لە دووەم کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانیش لە گوندی شێنێ، بۆ جاری دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتیی هەڵبژێردرایەوەو کرایە بەرپرسی رێکخستنەکانی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٧٩ لە کۆبونەوەی ناوزەنگ پشتگیریی بڕیارەکەی کۆبونەوەی شێنێی کرد سەبارەت بە گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستان بۆ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و خۆی بەیاننامەی گۆڕینی ناوەکەی نوسی.

لە یەکەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨١ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرایەوە. ساڵی دواتر، پاش دامەزراندنی مەڵبەندەکان، بووە لێپرسراوی مەڵبەندی یەك کە بارەگاکەی لە گوندی حاجی مامەند بوو. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢دا لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەدا بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرایەوە.

ساڵی ١٩٨٣ لە گەرمەی شەڕی نێوان بەرەی جود و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، دژی لێدانی هێزەکانی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق وەستایەوەو رێککەوتننامەی ئاشتیی دێوانەی لەگەڵ بەرپرسی سەرکردایەتیی سلێمانی- کەرکوك بەهادین نوری بەست.

ساڵی ١٩٨٤ ناکۆکییەکانی لەگەڵ سکرتێری کۆمەڵە نەوشیروان مستەفا گەیشتنە لوتکە و لە کۆنفرەنسی سێیەمدا رابەرایەتیی باڵێکی بەرهەڵستکاری کرد. هەرچەند پاش کۆنفرەنس هەوڵێکی زۆر بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە درا، بەڵام هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا و مەترسیی جیابونەوە سەری هەڵدا. لەم سەروبەندەدا پڕۆژەیەك بۆ جیابونەوە لە کۆمەڵەی رەنجدەران و مانەوەی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك باڵی سێیەم شان بە شانی هەردوو باڵی کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتیی شۆڕشگێڕان هاتە ئاراوە، بەڵام رەوتی روداوەکان و ئاڵۆزیی رەوشەکە پڕۆژەکەی لەبار برد. لە کۆتایی ١٩٨٥دا لە چوارچێوەی ململانێی ناوخۆییدا و بە تۆمەتی دروست کردنی رێکخستنێکی نهێنی لەناو کۆمەڵە، خۆی و دوو لە سەرکردەکانی رەوتەکەی دەستگیر کران و پلینۆمی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەران لە بەرگەڵوو سزای قورسی بەسەردا سەپاندن. تا هاوینی ١٩٨٩ بە دەستبەسەری مایەوە. دوای ئازادکردنی، خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری رێکخراوی «ئاڵای شۆڕش» تەرخان کردو بارەگای لە زێوێی ناوچەی ورمێ دانا.

ساڵی ١٩٩٠ کتێبی «شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم» ی بڵاوکردەوەو لە ساڵی ١٩٩١ دا گۆڤارێکی ئاراستە چەپی بە ناوی «نۆژەن» لە ئێران دەرکردو لە هەردوکیاندا چەردەیەك بیرو بۆچونی تازەی لە بواری بیرو سیاسەتدا خستە بەرچاو.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕێکخراوی «ئاڵای شۆڕش»ی هەڵوەشاندەوەو لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرکردایەتیی قادر عەزیز یەکی گرتەوە. لەو ماوەیەدا ژمارەی دووەمی گۆڤاری «نۆژەن»ی دەرکرد کە دوایین ژمارەی گۆڤارەکەیە.

هەر لەو ساڵەدا پاش پێکهێنانی لیستێکی هاوبەش لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٩٣ پشتیوانیی لە پرۆژەی یەکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشان کردو پشتگیریی بانگەوازەکەی تاڵەبانیی کرد بۆ یەکگرتنەوەی سۆسیالیست و چەپەکان. بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت و لەم سەروبەندەدا فراکسیۆنێکی لە باڵی «ئاڵای شۆڕش» و ژمارەیەك کادیری حزبی زەحمەتکێشان بە ناوی پەیڕەوی یەکگرتنەوە پێك هێنا. لە تەموزی ئەو ساڵەدا وازی لە حزبی زەحمەتکێشان هێنا و گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەم سەروبەندەدا پلەی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی پێ بەخشرا و کرایە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان. ساڵی ١٩٩٩ سەرباری لێپرسراوەتیی لە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، گۆڤاری «مەدەنیەت» و ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆژنامەی «چاودێر»ی دەرکردو ئەرکی سەرنوسەریی هەردوکیانی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ٢٠١٠دا پاش کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانی لێپرسراوەتیی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی ئازادی هۆڵاند بەدەست هێنا.

ساڵی ٢٠١٦ ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕانی ڕەت کردەوە و وای بینی کە ئەم ڕێککەوتنە بەربەست لە بەردەم پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەکا. ساڵی ٢٠١٧ نەخشە ڕێگایەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم پێشکەش کرد. لە ٢٢ی شوباتدا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لیژنەیەکی بۆ پێداچونەوەو داڕشتنەوەو هەمووارکردنەوەی نەخشە ڕێگاکە دانا. لە ١٣ی ئازاردا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆپیی هەموارکراوی نەخشە ڕێگاکەی پەسند کردو لە ٢٦ی ئازاردا ئەنجومەنی ناوەندیش پەسندی کرد. لەو ماوەیەدا سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی نەخشە ڕێگاکە هەڵسوڕاوە.

لە کۆبونەوەی ٤ تشرینی دووەمی ٢٠١٧ دا ئەو بڕگەیەی ڕاپۆرتی لیژنەی چاکسازیی ناو حزبی ڕەت کردەوە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسیی دەکرد. لەو ماوەیەدا سیاسەتی لێك نزیك کردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی پیادە کردو بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا پێشنیاری هێنانە دیی ڕێککەوتنێکی تری کرد کە جێی ڕێککەوتننامەی ستراتیجی بگرێتەوە.

لە ئەیلولی ٢٠١٨ دا لە سۆنگەی ناکۆکیی ناوخۆییەوە، بایکۆتی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەستەی کارگێڕی کرد.

لە ٢٠ی تەموزی ٢٠١٩دا پرۆژەیەکی چاکسازیی لە چوار سێکتەر ڕاگەیاند. لە سێکتەری یەکەمدا لە ژێر ناونیشانی «ئەرکەکانی حوکمڕانی»دا داوای دەستورێکی «مەدەنی» و چەسپاندنی سیستمی پەرلەمانی و بەرپەرچدانەوەی گەندەڵیی

کرد. لە سێکتەری دووەمدا بانگەشەی بۆ هەندێ چاکسازیی کۆمەڵایەتی کرد. سێکتەری سێیەم و چوارەمی بۆ چاکسازی کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەرخان کردو لەم چوارچێوەیەدا جەختی کردە سەر پابەندبون بە پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرام، کاراکردنی راگەیاندن، بەستنی کۆنگرەی رێکخراوە دیموکراتییەکان و لەم سەروبەندەشدا پێی لەسەر پێویستیی بەستنی کۆنگرەی چوارەم داگرت و رونی کردەوە کە «شەش ساڵ لە وادەی بەستنی کۆنگرە تێپەڕیوە. پاساوی دواخستن نەماوە»و داوای کرد کۆنگرە «لە هەموو جۆرە رێککەوتن و بڕیارێکی نادیموکراتیی مەترسیدار» دور بخرێتەوەو لیژنەکانی هەڵسەنگاندنی پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرام لە «کادیری بەتوانای حزبی و توانامەندە خاوەن بڕوانامەکان» پێك بهێنرێن و لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە لە نوێنەرانی ئۆرگانەکان پێك بێن.

هەر ئەو رۆژە نامەیەکی بە ناونیشانی «هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانە» ئاراستەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندو ئۆرگانەکان کردو باسی کۆمەڵێك دیاردەی زیانبەخشی کرد کە بونەتە مایەی دروست کردنی کاریگەری لەسەر پێگەو قورسایی حزب و باسی سەرچاوەی هەندێ لە کێشە ناوخۆییەکانی کردو هەڵسەنگاندنێکی لە روانگەی خۆیەوە بۆ دۆخی ناو حزب پێشکەش کرد و دژی بەستنی کۆنگرەی «تەوافقی» وەستایەوە بەڵام داوای «لێك تێگەیشتن»ی کرد. بڵاوکردنەوەی نامەکە کاردانەوەی جیاوازی لێ کەوتەوەو مشتومڕێکی زۆری لە ناو ئۆرگانەکاندا دروست کرد.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩، بووە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی،.

بابەتی پەیوەندیدار:

*کۆمیتەی هەرێمەکان.

*نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان).

*ئاڵای شۆڕش (رێکخراو).

## مەڵبەند

دامەزراوەیەکی سیاسی- ئیدارییە لەسەر بنەمای جوگرافیا لە ساڵی ١٩٨٢، وەك رەنگدانەوەی یەکێ لە بڕیارەکانی دووەم کۆنفرەنسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، پێك هات. ئەرکی سەرەکیی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەیەکی دیاریکراو بوو. پێکهێنانی مەڵبەند بەرجەستە کردنی سیاسەتی کەم کردنەوەی ناوەندێتی و زیادکردنی دەسەڵاتی ناوچەکان بوو. بەم پێیە، هەر مەڵبەندێك سەرکردایەتی و دەزگای پێشمەرگایەتی و دارایی و دادگا و راگەیاندن و نەخۆشخانەی خۆی هەبوو.

بەپێی سیستمی مەڵبەندەکان، کوردستان بەسەر ٤ مەڵبەنددا دابەش کرا. دواتر مەڵبەندی ٣ و ٤ یەك خران و کرانە یەك مەڵبەند. ساڵی ١٩٨٧ پاش پێکهێنانی مەڵبەندی ٤ی بادینان، ژمارەی مەڵبەندەکان بۆوە بە ٤ مەڵبەند.

**مەڵبەندی ١:**

لە بەراییدا بارەگاکەی لەگوندی حاجی مامەند بوو لە ناوچەی شارباژێڕ، پاشان بە هۆی جەنگی عیراق — ئێرانەوە گوێزرایەوە بۆ بەلەکجار لە قۆپی قەرەداغ. لە ساڵی ١٩٨٨دا لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بارەگای مەڵبەند گوێزرایەوە بۆ دێی تیلەکۆی قەلەندەر لە سنوری سەنگاو. سنوری جوگرافیی، قەزاکانی دوزخورماتوو، کەلار، کفری، دەربەندیخان، هەڵەبجە و بەشێکی سنوری قەزاکانی

پێنجوێن و بەشێکی قـەزای نـاوەنـدی سلێمانی و بەشێکی سنوری قـەزای چەمچەماڵی گرتۆتەوە. ڕێگای سلێمانی- کەرکوك لە سنوری مەڵبەندی دوو جیای کردۆتەوە. تیپەکانی سەر بەم مەڵبەندە بریتی بوون لە تیپەکانی ٥١ی گەرمیان، ٥٣ی شێروانە، ٥٥ی قـەرەداغ، ٥٧ی سەگرمە، ٥٩ی حەمرین، ١١ی هـەورامـان، ١٥ی شـارەزوور، ١٧ی زمناکۆ، ٣٣ی سورێن، ٣٥ی کـوڕەکـاژاو، ٣٧ی خەنجەرە، تیپی مەڵبەند.

لە مـاوەی نێوان ١٩٨٢ — ١٩٨٤ مەلا بەختیار یەکەم لێپرسراوی ئەم مەڵبەندە بووە. دوای کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانـی کوردستان، قادر حاجی عەلی کە تـازە بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەڵبژێردرابوو، جێی مەلا بەختیاری گرتەوە. لێپرسراوانی دامودەزگاکانی مەڵبەند ئەمانە بوون: عومەر فەتاح بەرپرسی کاروباری دارایـی، عەلی محەمەد ساڵح تاڵەبانی بەرپرسی سیاسی، ساڵح قادر ژاژڵەیی بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی، حەسەن حەمید (ڕۆستەم) و جەعفەر شێخ مستەفا بەرزنجی و ئاوات قارەمانی بەرپرسی کاروباری پێشمەرگایەتی.

**مەڵبەندی ٢:**

بارەگاکەی لە سەرگەڵوو بوو لەدۆڵی جافەتی. سنوری لەپێنجوێنەوە تا نزیك چەمچەماڵ درێژ دەبـۆوەو ڕێگای سلێمانی- کەرکوك لەمەڵبەندی یـەك و زێی بچوك لـە مەڵبەندی ٣ و ٤ جیای دەکردەوە. تیپەکانی سەرجەم مەڵبەندەکە بریتی بوون لە تیپەکانی ٢١ی کەرکوك، ٢٣ی سورداش، ٢٥ی خاڵخاڵان، ٢٧ی کەڵکە سماق، ٣٣ی سلێمانی، ٣٧ی شارباژێڕ، ٤٤ی چەکوچ، ٤٩ی سارا، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٤٣ی ئاسۆس، ٦٣ی جوتیاران، ٦٧ی مامەندە، ٦١ی کۆڕەش، تیپی مەڵبەند.

یەکەم لێپرسراوی مەڵبەندەکە عەلی بچکۆل بوو. ساڵی ١٩٨٤ جەبار فەرمان جێی گرتـەوە. ساڵی ١٩٨٧ لێپرسراوانی ئەم مەڵبەندە ئەمانەن: دارا حەفید بەرپرسی مەڵبەند، عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمە بەرپرسی کاروباری سیاسی، دلێر ئەحمەد شوکری بـەرپـرسی دارایـی، دلـێر سـەید مەجید بەرپرسی کـاروبـاری کـۆمـەڵایـەتـی و حـامـد حـاجی غالی بەرپرسی کاروباری پێشمەرگایەتی. بۆ پاراستنی بارەگاکانی ناوچەی سەرکردایەتی کە لە سنوری ئەم مەڵبەندەدا بوون، بەکر حاجی سەفەر دانرابوو بە فەرماندەی هێزەکانی بەری کارێزەو مستەفا چاوڕەش بە فەرماندەی هێزەکانی بەری مەرگە. پاش مستەفا چاوڕەش، عەلی بچکۆل جێی گرتەوە.

**مەڵبەندی ٣:**

بـارەگـاکـەی لەگوندی وەرتـێ بـوو لە ناوچەی باڵەکایەتی. سنوری، ناوچەکانی سۆران و ئاکۆیەتی و باڵەکایەتیی دەگرتەوە. تیپەکانی سەر بەم مەڵبەندە بریتی بوون لە تیپەکانی ١٢ی سۆران، ١٤ی ئاکۆ، ٧٤ی بـاڵـەك، ٧٧ی کـۆدۆ، ٧٨ی کـاروخ، ٦١ی کۆڕەش.

یەکەم لێپرسراوی سەید مەجید حسێن مورسل زەمان بوو کە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوو. لێپرسراوانی تری مەڵبەندەکە ئەمانەن: مولازم فوئاد لێپرسراوی عەسکەری، حاجی مەمۆ لێپرسراوی ڕاگەیاندن، محەمەد سیاسی لێپرسراوی سیاسی، برایم جەلال لێپرسراوی دارایی.

لەشوباتی ١٩٨٤ حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی کرایە لێپرسراوی مەڵبەندەکە، بەڵام لە تشرینی یەکەمدا دەستی لەکار کێشایەوەو لە ئایاری ساڵی ١٩٨٥دا ڕاسپێردرایەوە کە بگەڕێتەوە بۆ مەڵبەندەکە، بەڵام لەبەر برینداربوونی بەتۆپ لە ناوچەی مەرگە، نەیتوانی بچێ. ئەو ساڵە بارەگای مەڵبەند برایە دۆڵـەڕەقـە. بـەڵام لەو کاتەدا هێزەکانی مەڵبەندەکە

لەبەر سەختیی هەلومەرجی شەڕ لەهەڵوەریندا بوون. پێش کۆتایی ساڵ، مەڵبەندەکە هەڵوەشێنرایەوەو لەگەڵ مەڵبەندی ٤دا کرا بەیەك مەڵبەند بە ناوی مەڵبەندی ٣وە. لێرە بەدواوە سنوری مەڵبەندی ٣ هەموو پارێزگای هەولێری گرتەوەو کۆسرەت ڕەسول عەلی بووە لێپرسراوی. لێپرسراوانی مەڵبەند ئەمانەن: چەتۆ حەویزی بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی، حەسەن کوێستانی بەرپرسی دارایی، عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر بەرپرسی کاروباری سیاسی، سامان گەرمیانی و جەلال عەبدولقادر بەرپرسی کاروباری پێشمەرگایەتی.

تیپەکانی سەر بەم مەڵبەندە پاش تێکهەڵکێش کردنی هەردوو مەڵبەندی ٣ و ٤ بریتی بوون لەتیپەکانی ٨٧ی قەرەچوغ، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٧٤ی باڵەك، ٧٨ی کاروخ، ٩٣ی کۆیە، ٩٩ی بیتوێن، ٩١ی سەفین، ٩٠ی باواجی، ١٢ی سۆران، ١٩ی کۆڕەك، ٨٣ی هەورێ، ٨٥ی بەڕانەتی.

**مەڵبەندی ٤:**

بارەگاکەی لەگوندی سماقوڵیی سەروچاوە دانرا و سنوری لەباکوردا لە بالیسان دەستی پێ دەکردو لە باشووردا لەگەڵ سنوری ئیداریی پارێزگای هەولێر کۆتایی دەهات، لە ڕۆژهەڵاتدا زێی بچوك لە پارێزگای سلێمانی و لە ڕۆژئاوای زێی گەورە لە ناوچەی بادینانی جیا دەکردەوە.

یەکەم لێپرسراوی دکتۆر کەمال خۆشناو بوو کە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤ لەوێ دەستبەکار بوو. ساڵی ١٩٨٤ پاش ئەوەی لەکۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، کۆسرەت ڕەسول عەلی کرایە بەرپرسی مەڵبەندەکە. لێپرساوی عەسکەریی مەڵبەند، پاش شەهیدبوونی سەید کەریم هاودیانی، جەعفەر شێخ مستەفا بەرزنجی بوو، ئەندامانی مەڵبەندیش لە بەکر مستەفا، چەتۆ حەویزی و عەلی محەمەد ساڵح پێکهاتبوون.

ساڵی ١٩٨٥ ئەم مەڵبەندە و مەڵبەندی ٣ تێکهەڵکێش کران و کرانە یەك مەڵبەند بە ناوی مەڵبەندی ٣ و کۆسرەت ڕەسول عەلی کرایە لێپرسراوی.

ساڵی ١٩٨٦ پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی تاران لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیار درا مەڵبەندێك بە ناوی مەڵبەندی ٤ بۆ بادینان پێك بهێنرێ. هەر ئەو ساڵە مەڵبەندەکە پێك هات و یەکەم لێپرسراوی ئازاد هەورامی بوو کە بە هێزێکەوە چوو بۆ بادینان و ماوەی چەند مانگێك لەوێ مایەوە. دوای ئەو، عومەر عەزیز قادر کرایە بەرپرسی مەڵبەندەکە.

## پاشکۆ

### بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی پێکهێنانی مەڵبەندەکان

پاش ئەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێی نایە ساڵی حەوتەمی و سەرجەم تاقیکردنەوە سەختەکان و هەلومەرجە دژوارەکانی سەرکەوتووانە بڕیو ڕێگەی بۆ پێشەوە چوون و گەشەکردنی گرتە بەر، قۆناغێکی تازە لە ژیانی شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هاتە پێشەوە کە بزووتنەوەی جەماوەر هەڵسایەوە، خۆپیشاندان و ڕاپەرینی شارەکان بەخەباتی چەکداری لادێکانی کوردستانەوە گرێ درایەوە و بنچینەکانی دەسەڵاتی ڕژێمی فاشی لە کوردستاندا کەوتنە لەرزین. هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش فراوانتر

پەرەیان سەند. چالاکیی پێشمەرگانەش رادەو سنوری فراوانتر بوو. بەوانەش کاروباری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرکردایەتی کردنی شۆڕش و جێبەجێ کردنی ئیشوکارەکاندا گرانتر و زۆرتر بوون، کە راپەراندن و بەئەنجام گەیاندنیان شێوەیەکی نوێتر و گونجاوتری لەشێوەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش ئەویێ.

بۆیە کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبوونەوەی دەوریی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٢دا بڕیاری دا ٤ مەڵبەند لە چوار ناوچەی جیا جیای ئازادکراودا دابمەزرێ، کە هەر یەکێك لەو مەڵبەندانە هەموو دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی کاروباری سیاسی، عەسکەری، کۆمەڵایەتی، دارایی، رۆشنبیریو راگەیاندنی ناوچەکەی خۆی ببێ، لە چوارچێوەی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا تا لە ناو جەماوەر و لە نزیك رووداوو گیروگرفتەکانەوە قوڵتر رێبازی یەکێتی لە ناو جەماوەر و لەسەرجەم کاروبارەکانی شۆڕشدا تاو بداتەوە واتە هەم بتوانن باشتر رێگە لە ئیشی نابەجێ بگرن هەم زەمینەیەکی ساز و لەباری بەهێزبوون و سەرکەوتنی شۆڕش دابین بکەن.

هەر یەکێك لەو مەڵبەندانە لە لایەن کۆمیتەیەکەوە سەرکردایەتی ئەکرێ و بەڕێوە ئەبرێ کە یەکێکیان لێپرساوی مەڵبەند ئەبێ و سەرپەرشتیی کۆمیتەی مەڵبەندەکە ئەکاتو ئەوانی تریش بریتی ئەبن لە:-

- لێپرساوی کاروباری پێشمەرگە، کە سەرپەرشتیاری ئیش و کاری تیپەکان و تەنسیقی عەسکەریی نێوانیان ئەکات.

- لێپرساوی کاروباری سیاسی، کە سەرپەرشتیی رابەری سیاسیی تیپەکان ئەکا و لەڕووی سیاسییەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ئاراستەیان ئەکا.

- لێپرساوی کاروباری دارایی، کە سەرپەرشتیی لێپرساوە داراییەکانی تیپەکانو دەسکەوت و خەرجیی سەرانسەری مەڵبەندەکە ئەکات.

- لێپرساوی کاروباری خەڵك، کە سەرپەرشتیی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خەڵك و دادگا ئەکا و هاوکاری و تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی ئاواییەکاندا ئەکات.

- لێپرساوی کاروباری راگەیاندن، کە سەرپەرشتیی گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەتی مەڵبەندەکە و گەیاندنی هەواڵی پێشمەرگە و ناوچەکە بە سەرکردایەتی ئەکات.

هاونیشتمانی بەرێز... هەڤاڵانی تێکۆشەر

**مەڵبەندەکان بەگوێرەی سنوری دەسەڵاتیان بەم شێوەیە دامەزران:**

**مەڵبەندی یەکەم:** لە ناوچەی شارباژێر دامەزرا و سنوری کاری تیپەکانی ١١ی هەورامان، ١٥ی شارەزوور، ٥١ی گەرمیان، ٥٥ی قەرەداغ، ٣١ی بەرزنجە، ٣٣ی سلێمانی، ٣٧ی شارباژێڕ ئەگرێتەوە.

**مەڵبەندی دووەم:** لە ناوچەی سورداش دامەزرا و سنوری کاری تیپەکانی ٤٧ی پیرەمەگرون، ٥٧ی سەگرمە، ٢١ی کەرکوك، ٤٣ی ئاسۆس، ٤٤ی چەکوچ، ٦٣ی جوتیاران، ٦٨ی مامەندە، ٤١ی کوڕەکاژاو دەگرێتەوە.

**مەڵبەندی سێیەم:** لە ناوچەی باڵەکایەتی دامەزرا، سنوری کاری تیپەکانی ٧٤ی باڵەك، ١٢ی سۆران، ٧٨ی کاروخو حاجی ئۆمەران، ٧٥ی کۆدۆ و ٧٩ی دۆڵی شەهیدان و بیتوێن و قەڵاتوکان دەگرێتەوە.

**مەڵبەندی چوارەم:** لە ناوچەی خۆشناوەتی دامەزرا و سنوری کاری تیپەکانی ٩٣ی کۆسرەت، ٩٠ی کۆیە و باواجی، ٨٣ی هەورێ، ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٩١ی سەفین دەگرێتەوە.

باقی تیپەکانی تریش راستەوخۆ بە مەکتەبی

عەسکەری دەبەسترێنەوە.

**هاونیشتمانی بەڕێز.... هەڤاڵانی تێکۆشەر**

مەڵبەندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەکانی سنوری دەسەڵاتی خۆیاندا، بەهەموو تواناوە یارمەتیی دانیشتوانی گوندەکان ئەدەن تا بتوانن لە هەر گوندێکدا ئەنجومەنێکی ئاوایی پێك بهێنن کە بە ڕاستی نوێنەری خەڵکی ئاواییەکە بن‌و بۆ ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانی خۆیان دوور لەدەستێوەردانی لایەنە سیاسیەکان پێك بێن... ئیتر کاروباری خەڵکی لە لایەن خۆیەوە بەڕێوە ببرێ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و مەڵبەندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یاریدەدەر و پشتیوانیان دەبن . هیوامان وایە لایەنەکانی تریش پشتیوانی لە ئەنجومەنەکانی ئاواییەکان بکەن.

ئەو مەڵبەندانە بەهەموو تواناوە هەوڵ دەدەن کە ئیتر سنور بۆ راووڕوت و شەوکوت و بە ناڕەوا پارە کۆکردنەوە دابنێن و ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ کە کۆکردنەوەی باربوو و یارمەتیی هاونیشتمانیە دڵسۆزەکانی شۆڕش و پارەی سزای قانونی لە ڕێگەی لێپرسراوی مالی بە شێوەیەکی رێك و پێك کۆ بکرێتەوە و ژمارەی پسوڵەی ئەو هاووڵاتیانە لە ئیستگەی دەنگی شۆڕشەوە بخوێندرێتەوە کە یارمەتیی شۆڕش ئەدەن، تا دڵنیا بن لەوەی ئەو یارمەتییە گەیشتووەتە دەستی شۆڕش و بۆ دەستکەوتی تایبەتی وەرنەگیراوە.

**هاونیشتمانی بەرێز**

مەڵبەندەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەو ناوچانەدا بۆ خزمەتی ئێوە و بۆ رێکخستنی کاروبارەکانتان و ئاسان کردنی جێبەجێکردنیان دامەزران، بۆ پەکخستنی ئازاردانی خەڵك و لێدان و شەوکوت و کوشتار پێکهاتوون، بۆ پاراستنی ماف و کەرامەت و بەرژەوەندیی ئێوە دامەزراون، بۆ گەشەپێدانی چالاکیی سیاسی و پێشمەرگانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرەو پێشەوە چوونی شۆڕشی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان دامەزراون.

هیواداریـن و داواکـاریـن دڵسۆزانە هاوکارییان بکەن و لە یارمەتیدانیان درێخی نەکەن و لێپرساو و کادیرەکانی بە پشت و پەناو برای خۆتان بزانن و پێشمەرگەکانی سنوری ناوچەکەشیان بە رۆڵە و پارێزەری ژیان و پاشەڕۆژی ژیانتان بزانن، هەمیشە بەوپەڕی سەربەستییەوە ئامۆژگارییەکانی خۆتان، رەخنەکانی خۆتان، گلەییەکانی خۆتان و سکاڵا و شکاتی خۆتانیان پێشکەش بکەن.

**هەڤاڵانی تێکۆشەر**

لە کاتێکدا پیرۆزبایی لەو هەڤاڵە تێکۆشەرانە ئەکەین کە بۆ کاروباری ئەو مەڵبەندانە دانراون، هیـواداریـن کە بتـوانـن بە زوویـی ئیش و کـاری مەڵـبەنـدەکـەیـان رێـك بخەن و بـەتـەواوی رۆڵـەی دڵسۆز و ژیری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بن.. پارێزەری ماف و ئازادی‌و ژیان‌و پاشەڕۆژیان بن و لە تاقیکردنەوەدا ئەو راستیانە بسەلمێنن.

لە هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانیش داواکارین کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هاوکارییان لەگەڵ بکەن و هەمـوو تـوانـا بکەن بـەیـەك بۆ سەرخستنی ئەم تاقیکردنەوە تازەیە.

سەرکەوتوو بی مەڵبەندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

هـەر شـەکـاوە بی ئـاڵای رزگـاریـی نیشتمانیی کوردستان بە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

**کۆمیتەی سەرکردایەتیی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**تشرینی دووەمی ١٩٨٢**

## مەنسور یوسف مستەفا



پێشمەرگەی دێرینو کادیری بواری ڕێکخستنو پەیوەندییەکان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی. قۆناغی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە سلێمانیو بەشی ددانی پەیمانگای تەندروستیی لە بەغداتەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٦ لە ڕێگای غەفور ژاژڵەییەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە، وەك کادیرێکی کارا لە ناو ڕێکخستنەکاندا کاری کردووەو تا پێش چوونی بۆ پێشمەرگایەتی، کارگێڕی ناوچەی ١٥ی سلێمانی بووە. لە ساڵی ١٩٨٣دا فشاری دەزگا ئەمنییەکان لەسەری زیادی کرد. دوای ئەوەی زانیاریی پێ گەیشت کەبڕیاری دەستگیرکردنی دەرچووە، شاری بەجێ هێشت و لەگوندی گورگەیەری ناوچەی شارباژێڕ گیرسایەوە. بەڵام لەوێ داوای لێ کرا بگەڕێتەوە بۆ شارو سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکان بکا. لە کۆتایی ١٩٨٣دا بەنهێنی گەڕایەوە بۆ سلێمانیو دەستی بەکاری ڕێکخراوەیی کردەوە.

لە تشرینی دووەمی ١٩٨٤دا لە شارباژێڕ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. ساڵی پاشتر لێپرسراوەتیی ناوچەی شارباژێڕی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی گرتە ئەستۆ کە بارەگاکەی لە بزەینیان بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٦دا بڕیار درا سود لەپسپۆڕییەکەی لە بواری پزیشکیدا وەربگیرێ، بۆیە گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵوو. لەوێ، لەسەر دەستی ئەو، بەشی ددان لە نەخۆشخانەکە دامەزرا. پێشمەرگەو هاووڵاتییانی ناوچەکە زۆر لەخزمەتگوزارییەکانی ئەم بەشە سودمەند بون.

لە ساڵی ١٩٨٧دا بەشدار بوو لە دامەزراندنی دەزگای تەندروستیی کوردستان لە بەرگەڵوو کە ئەرکەکەی سەرپەرشتی کردنی هەموو نەخۆشخانەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە بوو. هەر ئەو ساڵە، لەسەر داوای دکتۆر فوئاد مەعسوم، بەشدار بوو لە دروست کردنی دەزگایەکی خزمەتگوزاریو فریاکەوتن بە ناوی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان کە بە کورتکراوەی «کرا» ناسراوەو ئامانجەکەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی مرۆیی بووە بۆ لێقەوماوانی شەڕ.

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، چووە ئێران و لە شاری سەقز لەگەڵ دوو پزیشکی تردا نەقاهەتگایەکی بۆ رایی کردنی کاروباری تەندروستیو خزمەتکردنی نەخۆشو بریندارو کەمئەندامان دامەزراند. ١٩٨٩دا گوێزرایەوە بۆ تاران بۆ کارکردن لە ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٠، لە سەروبەندی خۆ ئامادەکردندا بۆ راپەڕین، هەندێ ئەرکی ڕێکخستنی لە ناو شارەکان پێ سپێردرا و لەم سەروبەندەدا لەگەڵ مەفرەزەیەکدا بە شێوەیەکی پارتیزانی، لە شاری خانێوە، بە قەندیلدا ناوچە چۆڵکراوەکانی بڕیو چوە ناو شاری رانیە. لەوێوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانەوە کرد، بەرنامەی کاری راپەڕینو جفرەی پەیوەندیی پێ دانو لە چەند بوارێکدا هەماهەنگیی لەگەڵدا کردن. دواتریش لەوێوە چووە سلێمانیو هەماهەنگیی

لەگەڵ ڕێکخستنەکان کرد.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لەگەڵ ئەو هێزەدا دابەزی کە لە چیای سورێنەوە روی کردبوە دەشتی شارەزوور. لەم سەروبەندەدا بەشدار بوو لەرزگارکردنی کفری و دەوروبەریداو هەروەها لە هەوڵەکانی گرتنی خانەقیندا.

هەر ئەو ساڵە لەگەڵ هەر یەك لە هەڵۆ ئەحمەد کوردە و خالید رەزا کۆمیتەی ڕێکخستنی سلێمانیی بەڕێوە برد. بە هەوڵ و کۆششی ئەو، بارەگای کۆمیتەکە لە بارەگای هێزەکانی حەتین دانرا کەیەکێ لە بارەگاکانی سوپای عیراق بوو لە ناو شاری سلێمانی. دواتر هەر ئەم بارەگایە، بووە بارەگای مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی.

پاش دەستبەکاربونی مەڵبەند، وەك کارگێڕی کۆمیتە هێڵێکی کاسبکارانی دروست کرد کە دواتر ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە سەروو پێنج هەزار ئەندام، بۆیە دوو کۆمیتەی کاسبکارانیان لێ دروست کراو لێپرسراوەتیی یەکێکیان بەو سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٦ کرایە ئەندامی مەڵبەندو هەر ئەو ساڵە لەئۆفیسی تارانی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کرد. ساڵی ٢٠٠٥ کرایە ئەندامی مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی. لە ساڵی ٢٠٠٧دا لێپرسراوەتیی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی لە شاری مەریوان لە ئێران پێ سپێردرا و لە ساڵی ٢٠٠٩دا سەرباری ئەوەی کە وەك لێپرسراوی ئۆفیسی مەریوان مایەوە، کرایە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*پزیشکی شۆڕش.

* کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (ڕێکخراوی فریاگوزار).

## مەنگوڕایەتی (شەڕ)

پێکدادانێکی پێنج سەعاتییە لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦دا بۆ راگوێزانی دێهاتەکانی شیوە رەز و سونێ هێرشی کردبووە سەر دێهاتەکانی مەنگوڕایەتی لە ناوچەی قەڵادزێ. پاش رووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت، هێزەکە تا سەربازگەی سەنگەسەر راونرا. لە شەڕەکەدا ٣٠ سەرباز کوژران کە دوانزەیان لاشەیان لە مەیدانی شەڕ بەجێماو ٢٠ سەرباز بریندار بوون و دوانی دیکەش بە دیل گیران. چەردەیەك چەك و تەقەمەنییش دەستیان بەسەردا گیرا.

هەر ئەو رۆژە هێزەکانی عیراق بۆ هەمان مەبەست پەلاماری گوندی سێوەیسی بناری قەندیلیان دا. هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عەلی عەسکەری رووبەڕووی هێزەکە بۆوە و پەلامارەکەی تێشکاند. دوژمن چەند سەربازێکی لەوێ لێکوژرا بەڵام هێزی پێشمەرگە لەم قۆڵەدا دوو شەهیدی هەبوو بە ناوی فایق مستەفا و سەید حەسەن ئەرکی کە دواتر تەرمەکانیان لە گوندی توتمە بە خاك سپێردران.

## مەولود عەبدوڵڵا تۆفیق



پێشمەرگە و کادیر . ناسراو بە مەولود تەلانی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی تەلانی سەر بە ناحیەی سورداش لە پارێزگای سلێمانی. لە بنەماڵەیەکی جوتیارەو بە ڕەچەڵەك لە هۆزی جاف و تیرەی میکایلییە. تا

پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٤ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لەو ماوەیەدا لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کردو بەشداریش بوو لە خولی کادیران لەگوندی توژەڵە.

ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ زۆربەی کادیرو سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ریزی یەکێتیی بەجێ هێشت و پشتگیریی دامەزراندنی حزبێکی نوێی کرد. لە ئابی ئەو ساڵەدا، دوای یەکگرتنەوەی باڵی رەسول مامەندی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانو راگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان، کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ناوچەی دوکانو ئەندامی لقی سلێمانیی ئەم حزبە. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ لە کاتی بەرپەرچدانەوەی هێرشی جاشەکان بۆ سەر بەرزاییەکانی دەوروبەری گوندی شێنێو قوتەی چیای مامەندە، بە سەختی بریندار بوو و لە نەخۆشخانەی سەربازیی مەراغەی ئێران چارەسەری بۆ کرا.

ساڵی ١٩٨١ بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان کە تێیدا بڕیار درا ناوی حزب وشەی «یەکگرتوو»ی لێ بکرێتەوەو ببێ بەحزبی سۆسیالیستی کوردستان. ساڵی دواتر کرایە کارگێڕی لقی سلێمانیی حزب لە چیای سورێن. کۆتایی ساڵ گوێزرایەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتیی حزب لە قرناقا و پشتاشان. دوای شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٣ی قرناقا و پشتاشان کە تێیدا حزبی سۆسیالیست هەموو بارەگاکانی لە دەست دا، لەگەڵ بەشێکی زۆری کادیرانی حزب لەگوندەکانی زێوکەو ماشکانی کوردستانی ئێرانو ماوەیەکیش لە خواکورک گیرسایەوە.

پاش پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی ناو حزبی سۆسیالیست و پەیدابونی گرژیو دوبەرەکی تێیدا، ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ چەند کادیرێکدا لەحزب جیا بونەوەو رەوتێکیان بە ناوی رەوتی دیموکراتی شۆڕشگێڕ راگەیاند و دواتر، لە رەوتی پەرەسەندنی بیرۆکەکاندا، رەوتەکە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی لێ دروست بوو. لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئێران ئەرکی بەڕێوەبردنی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی حزبی زەحمەتکێشانی پێ سپێردرا.

لە قۆناغی پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو لەو کاتەدا هێشتا پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە نەکردبوو، بووە پێشمەرگەی پارتیزان لە رەتڵی سورداشی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیو لە ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ لە چیای پیرەمەگرونو دۆڵی جافەتیو بێترخێ بەشدار بوو لە چالاکییەکانی ئەم رەتڵە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەقۆڵی رانیە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردو ساڵی دواتر بووە ئەندامی لقی کەرکوک - سلێمانیی حزبی زەحمەتکێشان و پلەی کارگێڕی لەو لقە پێ درا. ساڵی ١٩٩٤، دوا بەدوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، نوێنەرایەتیی حزبی زەحمەتکێشانی لە کۆمیسیۆنی باڵای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستانی سنوری پارێزگای سلێمانی کرد. هەر ئەو ساڵە وازی لەحزبی زەحمەتکێشان هێناو لەگەڵ ژمارەیەك کادیرو پێشمەرگەدا پەیوەندیی بەڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٩٧ کرایە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتیو لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لێپرسراوەتیی ناوەندی کۆمەڵایەتیی شارەزوری پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٢ گوێزرایەوە بۆ بارەگای مەکتەبی کۆمەڵایەتی

لە سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٤ بووە جێگری لێپرسراوی مەکتەبەکە و لە ساڵانی ٢٠٠٦ ـ ٢٠٠٧ ماوەیەك لێپرسراوی مەکتەب بوو بە وەکالەت. ساڵی ٢٠١١ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

## مەولود گوڕبازی




پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی مەولود ساڵح کەریم. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی قازانقایە لە ناوچەی قەرەداغ. لە تافی منداڵییەوە خێزانەکەی لەگوندی گوڕباز نیشتەجێ بووە.

مێژووی پەیوەندی کردنی بە هێزی پێشمەرگەوە بۆ مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك لە قەرەداغ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردو بەشداریی لە مەفرەزە سەرەتاییەکاندا کرد. یەکێك بوو لە متمانە پێکراوانی شاسوار جەلال لە بواری ڕێکخستن و شارەزایی ناوچەکەدا.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە زۆربەی شەڕو نەبەردەکانی سنوری قەرەداغ و گەرمیاندا کردووە و دوا پلەی پێشمەرگایەتیی، فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ. لە خێزانەکەیدا ژمارەیەکی زۆر شەهیدی هەیە. باوکی، ساڵی ١٩٨٠ بە دەستی جاش شەهید کراوە، برایەکیشی بە ناوی ئومێد کە پێشمەرگە بووە، ساڵی ١٩٨٢ لە بەندیخانەی موسڵ لەسێدارە دراوە.

پاش ڕاپەڕین بەردەوام بوو لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی و لە هەر یەك لە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فەرماندەیی ٧ی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتیی گومرگی سلێمانی، ئەرك و لێپرسراوەتیی پێ سپێردراوە. پاش پێکهێنانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، لێپرسراوەتیی لیژنەی قەرەداغی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١١ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا. لە ١٢ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کرد.

## مەولود هەمزە*



ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. ناوی تەواوی مەولود هەمزە عومەر عەبدوڵڵا. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ ی گوندی کێلە سپی لە دەشتی کۆیە. لە ڕێکخستنە نهێنییەکاندا بە ئاراس ناسراوە.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە (کە دواتر ناوەکەی کراوەتە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) بۆ ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە. هەر ئەو ساڵەش قۆناغی خوێندنی ناوەندیی تەواو کردووەو لە خانەی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا، پاش بڕیاری پێکهێنانی چوار سەرکردایەتیی لۆکاڵ بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی، کەرکوك، هەولێر و بەغدا- خانەقین لە چوارچێوەی کۆمیتەی هەرێمەکاندا، عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر لێپرسراوەتیی کۆمیتەی هەرێمی هەولێری گرتە ئەستۆ. عەبدولڕەزاق هەشت ئەندامی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمیتەی هەرێمی هەولێر

هەڵبژارد، یەکێکیان مەولود هەمزە بوو کە کاروباری ڕێکخستنی گرتە ئەستۆ. شاخەوان عەباس، ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی هەولێر، لە یاداشتەکانیدا کە بە ناونیشانی «سەفەری کوردایەتی: بیرەوەرییەکانی شار و شاخ ١٩٧٤-١٩٨٠» بڵاوی کردونەتەوە، وا باسی مەولود هەمزە دەکا کە «زۆر چالاك و گورج و گۆڵ» بووە، بەڵام کۆمیتە پێی باش بوو لە بری ئەرکی ڕێکخستن، ئەرکی پەیوەندی و کۆنتاکتەکان بگرێتە ئەستۆ، بە تایبەتی لەگەڵ شاسوار جەلال، کەسی یەکەمی کۆمەڵە لەو قۆناغەداو هەروەها لەگەڵ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و دواتریش، پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە.

دیارە لەو بوارەدا ئەرکەکانی بە ڕێکوپێکی هەڵسوڕاندووە. ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی نێرەگینی دەشتی کۆیە لەگەڵ خالید سەعید ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆبۆوەو هەردوکیان پێکەوە پەیوەندیی نێوان ڕێکخستنی شارەکان و هێزی پێشمەرگەیان ڕێکخست، هەر لەو سەردانەدا دوو کۆبونەوەی دیکەی لەگەڵ کادیرەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کرد.

لەو ماوەیەدا کۆمیتەی هەرێمی هەولێر لیژنەیەکی روناکبیریی لە مەولود هەمزە، جەمیل ڕەنجبەرو نورەددین ڕەزا بۆ پەرەپێدانی چالاکیی ڕۆشنبیری لە ناو ڕێکخستنەکان پێکهێنا.

لە ١١ی ئایاری ١٩٧٧ دا لەکاتێکدا کە بە نیاز بوو بچێ بۆ کۆیە بۆ بەشداری لە پرسەی حەمەخان ئیسماعیل ڕەزا و مەغدید تەها کە پێشمەرگە بون و لە چیای کۆسرەت بە دیل گیرابون و پاشان لە موسڵ گوللەباران کرابون، لە ترمینالی هەولێر لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا. دواتر دەرکەوت کە کەسێك زمانی لێ داوەو زانیاریی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بە دەزگا ئەمنییەکان داوە.

دوای گرتنی، برایە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێرو پاشان لەوێوە ڕەوانەی دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی کەرکوك کرا. لە ٢٩ی حوزەیراندا فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو. لە ٢٠ی تەموزدا بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکە، ڕەوانەی موسڵ کرا. خزم و کەسوکاری هەر فریای ئەوە کەوتن کە سێ جار لە بەندیخانە چاویان پێ بکەوێ. لە دوایین دیداردا داوای لە کەسوکاری کرد جلی ڕەشی بۆ لەبەر نەکەن و لە پرسەکەیدا گوڵی سور لە یەخەیان بدەن.

لە ٢١ ی ئەیلولدا لە موسل لەسێدارە درا. بەڵام تەرمەکەی هەرگیز نەدرایەوە بە خزم و کەسوکاری و تا ئێستا ونە.

لە بەندیخانەدا نامەیەکی بۆ خزم و کەسوکاری نوسیوە، تێیدا گەردنی ئەو کەسەی ئازا کردووە کە زمانی لی داوەو توشی لەسێدارەدانی کردووە. ئەمەش دەقی نامەکەیە:

باوکە گیان، مامە گیان، براکانم، ئامۆزاکانم، خۆشەویستەکانم.

تکام وایە ئەم چەند وتەیەم پەیڕەو بکەن و گوێم بۆ شل بکەن. با لە جیاتی دەنگی ڕاستەقینەی خۆم، بە دەنگی وشە لەگەڵتان بدوێم. پێش هەموو شتێك زۆر زۆر سوپاس و ڕێزم بۆ ئەو خزم و کەسوکارو دراوسێ و هاوڕێیانە هەیە کە هاتون بۆ لام. جا بۆ هەمووتان، زۆر زۆر تکام وایە کە وا هیچ کەسێك بۆ من خەفەتبار نەبێت و خەم نەخوا چونکە پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین، نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین.

هەر بە هەمان شێوە زۆر ڕاستە ژیان خۆشە، بەڵام مردن لەپێناوی نیشتماندا گەلێك خۆشترە. لەسەر ئەم شێوەیە قەت مەڵێن خۆی کوشت و ئێمەشی کوشت،

بەڵكو خوێنە ئاڵەكەی ئێمە نەوتە بۆ هەڵگیرساندنی مەشخەڵی بیری راستی و ئازادی لە كوردستاندا.

بابە، مامە، براكانم، ئامۆزاكانم، لە لایەن منەوە گەردنتان خۆش و ئازا بێ و گەردنی هەموو خزمان و دراوسێیان و هاوڕێیان ئازا بێت، تەنانەت گەردنی ئەو كەسەش خۆش و ئازا بێت كە بەگرتنی داوم و تووشی پەتی سێدارەی كردووم.

باوكە گیان، مامە گیان، دایە گیان، مامۆژن، براكانم، خوشكەكانم، ئامۆزاكانم، ئیتر خواتان لەگەڵ و خواحافیز. ئەمە دوا نوسینی ژیانمە كە بە دیاری بۆ ئێوەم ناردو پێشكەشتان بێت.

بۆ ئاگاداری، هەر كە ئەم نامەیەی دوایی ژیانم نوسی، دەستەكانم بە كەلەپچەی دوژمن وەكو بازن بەسترا بوون.

بچوكی شەهیدتان

مەولود هەمزە

ژوری خنكاندنی نەینەوا

١٩٧٧/٩/٢١

كاتژمێر ٩ی بەیانی

## مەولود هێرۆیی



پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان. ناوی تەواوی مەولود رەسوڵ مەولود. لەدایكبوی ساڵی ١٩٤٧ی ناحیەی هێرۆی سەر بە قەزای قەڵادزێ.

ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندیی بە پارتی دیموكراتی كوردستانەوە كردووەو بۆتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی یەك و هەمان ساڵ كراوە بە سەرپەل. لە ساڵی ١٩٦٩دا بۆتە جێگری سەرلق.

لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ دا دوا بە دوای دەستپێكردنەوەی شەڕ لە نێوان كوردو حكومەتی عیراق، ئەركەكانی خۆی وەك پێشمەرگە جێبەجێ كردووە. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، پەنای بۆ ئێران بردو بۆ ماوەی چەند مانگێك لە ئۆردوگای ئاوارەكانی سەرابلە لە كرماشان نیشتەجێ كرا. دواتر خۆی و دوو ژنبرای، لە خزمەكانی جیا كرایەوەو بۆ ئەهواز دور خرایەوە. لەوێ لە كارگەیەكی رستن و چنین بە كرێكار دامەزرا.

لە ساڵی ١٩٧٩دا لە جەنجاڵی هەرەس هێنانی رژێمی شا لە ئێران، وازی لە ژیانی ئاوارەیی هێنا و لەگەڵ هەموو خزمە ئاوارەكانی گەڕایەوە بۆ عیراق. زۆری نەبرد پاش گەڕانەوەی، خۆی و هەشت كەس لە خزمە نزیكەكانی پەیوەندییان بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستانەوە كردو بوونە پێشمەرگە لە ناوچەی سەركردایەتی لە ناوەزەنگ و زەڵێ.

هەر ئەو ساڵە، لەگەڵ جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان لە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، ئەویش جیا بۆوەو لە دۆڵەتوو گیرسایەوە. پاش دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی كوردستان لە یەكگرتنەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان و كۆمیتەی ئامادەكردنی پارتی دیموكراتی كوردستانی سەر بە دكتۆر مەحمود عوسمان، بووە ئەندام لە حزبە تازەكە. بەڵام لە كۆتایی ساڵی ١٩٨١دا لەگەڵ هەر یەك لە محەمەد وەتمان، عەلی وەسمان و مەحمود رازانیو دەوروبەری ٣٠٠ پێشمەرگە وازی لە حزبی سۆسیالیست هێنا

و گەڕایەوە بۆ ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەم سەروبەندەدا، بۆ ئەوەی جێیەکی شیاویان لە ناو هێزی پێشمەرگە بۆ بکرێتەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا بڕیار درا یەکەیەك بە ناوی هەرێمی ١٠ی جوتیارانیان بۆ دروست بکرێ.

هەر ئەو ساڵە پاش هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپەکان، تیپی ٦٣ی جوتیاران پێکهێنرا، محەمەد رازانی کرایە فەرماندەی تیپەکە و مەولود هێرۆیی بووە فەرماندەی کەرت و جێگری فەرماندەی تیپ. هەر ئەو ساڵە تیپەکە بەشدارییەکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد.


لە ساڵی ١٩٨٦دا لەبەر زۆربونی ژمارەی پێشمەرگەکانی تیپی ٦٣ی جوتیاران، بڕیار درا تیپێکی تر بە ناوی تیپی ٦٥ی بلًفەت لە تیپی ٦٣ی جوتیاران دروست بکرێ و لەم سەروبەندەدا مەولود هێرۆیی کرایە فەرماندەی تیپە تازەکە، عەبدوڵلا وسو عەبدوڵلاش کرایە جێگری.

ساڵی ١٩٨٨ پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، بۆ جاری دووەم لە ژیانیدا ئاوارەی ئێران بوو و لە شاری بۆکان گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٩١ لە گەرمەی ئامادەکارییەکاندا بۆ راگەیاندنی راپەڕین، گەڕایەوە ناو هێزی پێشمەرگە و وەك فەرماندەی تیپ بەشداریی لە رزگارکردنی ناوچەکاندا کردو لە کۆتاییشدا بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنی کەرکوکدا کرد.

هەر ئەو ساڵە کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی کێوەڕەش. ساڵی دواتر بووە یاریدەدەری فەرماندەی فەوج. لە ساڵی ١٩٩٥دا لە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەدا بووە ئەندامی کۆمیسیۆنی بەدواداچون. ساڵی ٢٠٠٣ بە پلەی لیوا خانەنشین کرا.

## مەهدی حەمە سەعید



پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە مەهدییە بچکۆل. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ی گوندی دۆڵ بەیان لە ناوچەی هەورامان. تا پۆلی دووی ناوەندیی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٨٤ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزەو ساڵی ١٩٨٧ کراوەتە فەرماندەی کەرت لە تیپی ١١ی هەورامان. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، لە شاری هەمەدان لە ئێران بەشداریی خولێکی سەربازیی کرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکاندا گەڕایەوە بۆ کوردستان. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکاندا کرد و کرایە فەرماندەی تیپ لە هێزی ٣ی هەڵەبجەی شەهید.

ساڵی ١٩٩٤ کرا بەجێگری فەرماندەی فەوج لەلیوای تایبەتی سلێمانی، ساڵی ١٩٩٥ کرا بەجێگری فەرماندەی لەشکری شارەزوورو هەمان ساڵ لە ئەنجامی بەشداریکردنی لەخولی ئەفسەرانی کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالان، بوو بە ئەفسەر. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین پلەو پایەی پێ سپێردراوەو سێ جاریش بریندار بووە.

لە شەڕی دژی تیرۆریستانی گروپی پشتیوانانی ئیسلام وەك فەرماندەیەکی دیار ناوی دەرکرد. ساڵی ٢٠٠٧ کرایە بەڕێوەبەری پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتنی هەورامان و دوا پلەی سەربازیشی عەمید بووە. لە ٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەست دا.

## نازم عومەر



ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی شاری کۆیە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی لە کۆیە تەواو کردووە. لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٦٥ بۆتە لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ماوەی نێوان ١٩٦٨- ١٩٧٠ لێپرسراوی یەکێتیی قوتابیان بوو لە خانەی مامۆستایانی هەولێرو هەروەها لە شاری کۆیە. ساڵی ١٩٧٠ خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کرد.

پاش تێکەڵبوونەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧١، بووە جێگری لێپرسراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە کۆیە. هەر ئەو ساڵە لە قەزای مێرگەسور بە مامۆستا دامەزرا و تا ساڵی ١٩٧٤ لەوێ مایەوە. لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو خرایە ئەڵقە رۆشنبیرییەکانەوە.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو پاش زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکانی کوردی عیراق لە ئێران، لە ئۆردوگای ئاوارەکانی قوڵتەی رەبەت لە ناوچەی سەردەشت بووە مامۆستای خوێندنگەیەکی سەرەتایی.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ عیراق و لەگوندی نازەنین بە مامۆستا دامەزرا. لەو ماوەیەدا لەگەڵ پۆلێك لەو رۆشنبیرانەی کە ڕەوشی پاش هەرەس هێنانی شۆڕشیان رەت کردەوە، پەیوەندیی لەگەڵ خالید سەعیدو عەلی عەسکەری دروست کردو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد. پاش دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بوونی بزووتنەوە بە باڵێکی یەکێتی، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٦دا بووە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ڕێکخستنەکانی کۆیەو هەولێری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و نێوان دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لەسوریاو لەم ماوەیەدا لەگەڵ پۆلێك لە هەڤاڵەکانی سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی کرد لەکۆیە.

لە نیسانی ١٩٧٩ لە ڕەشبگیرێکی دەزگا ئەمنییەکان لە کۆیە دەستگیر کرا، هەشت رۆژ لە دەزگای ئەمنی هەولێر گیرا و دواتر برایە کەرکوك و نزیکەی چوار مانگ خرایە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانەوە. لە مانگی ئابدا بە لێبوردنی

گشتی ئازاد کرا. لە مانگی ئەیلولدا تاڵەبانی و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان داوایان لێ کرد پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکا.

لەو کاتەدا هەمووی شەش مانگ بوو باڵی ڕەسول مامەندی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتی جیا ببۆوە، بۆیە هەوڵێکی زۆر لە ئارادا بوو بۆ دانانی سەرکردایەتییەکی شیاو بۆ ئەو باڵەی بزووتنەوە کە دژی جیابوونەوە بوو لە یەکێتی. لە کانونی دووەمی ١٩٨٠ لە ڕێگای بەستەستێن و سرێشمەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە.

لە مانگی نیساندا بوو بە ئەندامی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لەو کاتەدا سالار عەزیز سەرپەرشتیی دەکرد. لە تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا لە کاتێکدا لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەدا بەرەو خۆشناوەتی بەڕێ کەوتبوو، هەلیکۆپتەرەکانی سوپای عیراق هێزەکەیان بۆردومان کردو لەو بۆردومانەدا بریندار بوو.

پاش پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر لە ساڵی ١٩٨١، بووە ئەندامی ئەو سەرکردایەتییەو لەم سەروبەندەدا بارەگای لەگوندی وەرتێ دانا. ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بوو لە هەوڵ و تەقەللای یەکخستنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی لە چوارچێوەی پرۆژەی پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا. پاش پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە مانگی ئەیلول، بووە ئەندامی سەرکردایەتیی ڕێکخراوە تازەکەو دوای پێکهێنانی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان، بووە ئەندام لەو مەکتەبە. ساڵی ١٩٨٣ لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەگوندی خەتێ لە ناوچەی خۆشناوەتی، بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و لە ساڵی ١٩٨٤دا لە کۆنفرەنسی دووەم لە مێرگەپان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٨٥ بووە لێپرسراوی مەکتەبی دارایی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە مانگی تشرینی یەکەمدا، لە پاڵ لێپرسراوەتیی وەك لێپرسراوی مەکتەبی دارایی گشتی، بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و.

لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، کرایە لێپرسراوی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پارێزگای دهۆك و ڕۆڵێکی کارای لە ئازادکردنی شاری دهۆکدا هەبوو. هێزەکەی، یەکەم هێز بوو بچێتە ناو شاری دهۆک.

ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی، خۆی بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی نەپالاوت. پاش کۆنگرە، کرایە لێپرسراوی ئیداریی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە هەولێر. پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کرایە بریکاری وەزارەتی پەروەردە لە هەردوو کابینەی یەکەم و دووەم.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٧- ١٩٩٩ نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە برۆکسل. لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٩ کرایە نوێنەری یەکێتی بۆ کاروباری ئابووری و بازرگانی لە ئێران و لە ماوەی نێوان ٢٠٠٢- ٢٠٠٨ لێپرسراوی ئۆفیسی حزب بوو لە ئێران. لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠٠٨ کرایە سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران.

بابەتی پەیوەندیدار:

*یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

*بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان (باڵی ناو یەکێتی).

*کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر.

## نازم نەجم ئەحمەد



فەرمانـدە و پێشمەرگەی پارتیزان. ناسراو بە نازم کەرکوکی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوك. بە ڕیشە دەچێتەوە سەر گوندی چەمسورخاوی ناوچەی قادر کەرەم. باوکی، سەید نەجم، تۆمارێکی کوردپەروەرانەی هەیە، لە سەرەتای بزوتنەوەی کوردایەتی لە ساڵی ١٩٦١دا پشت و پەنای پێشمەرگە بووەو لە ساڵی ١٩٦٣دا لەسەر ئەم مەسەلەیە دەستگیر کراوەو لە زینداندا ئەشکەنجەیەکی دڕندانە دراوە بەڕادەیەك کەبەهۆی ئەشکەنجەوە توشی نەخۆشیی درێژخایەن بووە. هەرچەند دواتر لە زیندان ئازاد کراوە، بەڵام بە هۆی کاریگەریی ئەشکەنجەوە، لە ساڵی ١٩٦٦دا سەری نایەوە.

نازم بە هۆی مردنی باوکییەوە وازی لە خوێندن هێنا و لە ساڵانی دواتردا بووە شاگردی ئاسنگەرو پاش چەند ساڵێك شارەزایی تەواوی لە کارەکەدا پەیدا کردو بووە وەستای ئاسنگەری. لە ساڵی ١٩٨١دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە ساڵی دواتردا لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووە پێشمەرگە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پلەکانی بە شێنەیی بڕیوە. ساڵی ١٩٨٥ لە بارەگای مەڵبەندی یەك کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٧ بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان گوێزرایەوەو لەوێ پلەی جێگری فەرماندەی کەرتی پێ بەخشرا و بۆ ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی کەرت. بەشداریی ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٢ کە تێیدا ڕۆڵێکی کارای لە قۆڵی قەبری حسێندا گێڕاوە، گرتنی بێتواتە (١٩٨٣) و قەیوان- ماوەت (١٩٨٦) و داستانی رزگاری (١٩٨٧).

لە ساڵی ١٩٨٨دا بەشدار بوو لە شەڕەکانی دۆڵی جافەتی کە بە یەکەم شاڵاوی ئەنفالەکان دادەنرێ. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، بە بناری قەندیل و سنوری ناوچەی باڵەکایەتیو خۆشناوەتیو دەشتی کۆیەدا گەڕایەوە بۆ گەرمیان. ئەم گەشتە ١٨ ڕۆژی خایاند. لەگەرمیان لە یەکەم شەڕدا لە پاش گەڕانەوەی لە دۆڵی جافەتی، کە شەڕی تاڵاو و تەختەمینایە، بریندار بوو. ئەم شەڕە بەشێکی بەرنامەی هێزی پێشمەرگە بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی سێیەمی ئەنفال. پاش شەڕەکە بۆ تیمارکردن برایە گوندی ئاوباریك.

هەرچەند هێزەکانی عیراق بە هۆی هێرشی بەربڵاو و بەکارهێنانی تۆپخانەو هەلیکۆپتەرو چەکی کیمیاییەوە ئامانجەکانیان بەدەست هێنا، ئەو لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەدا مایەوە کە بڕیاریان دابوو ناوچەکە بەجێ نەهێڵن و بە شێوەی پارتیزانی درێژە بەچالاکییەکانیان بدەن.

لە تەموزی ١٩٨٩دا، پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی ١٥ مانگ بەشدارییەکی کارای لە چالاکییە پارتیزانییەکانی ناوچەکەدا کرد، هێزەکەی بۆ پشوو و بینینی خولی مۆدێرن کێشرایەوە سەر سنور.

لە پرۆسەی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەدا، بووە فەرماندەی کەرتی یەك لە تیپێکی بەتالیۆنی دوو کەفەرماندەکەی جەمیل هەورامی بوو.

لە کاتی جێبەجێ کردنی نەخشەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، لەگەڵ هێزەکانی بەتالیۆنی ١دا، لە قوڵی پاوەوە بۆ سنوری سەرپێل زەهاو دابەزیو لە نەخشەکەدا بەر ئەو هێزە کەوت کە ئەرکی رزگارکردنی باوەنورو کەلارو کفریو خانەقینی پێ سپێردرابوو. لەم سەروبەندەدا بەشێکی چالاکییەکانی لە قوڵی کەلار- خانەقین هەڵسوڕاندو بارەگای لە دێی دەکە دانا.

پاش راپەرین لێپرسراوەتیی فەرماندەیی بەتالیۆنی قەرە حەسەنی پێ سپێردرا، دواتر کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی بەکرەجۆو ماوەیەکیش بۆ قەڵاچۆکردنی قاچاخچێتی نێردرایە سنوری پێنجوێن. ساڵی ١٩٩٤ کرایە فەرماندەی فەوج لە لیوای تایبەتی کەرکوك و دواتر لەگەرمیان بوە جێگری فەرماندەی لیوای تایبەت. ساڵی پاشتر کرایە جێگری فەرماندەی لەشکری گەرمیان و پاشان لێپرسراوەتیی لەشکرەکەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٦ بووە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی گەرمیانو پاشان لێپرسراوەتیی فەرماندەییەکەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٣ لە کاتی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عیراق، لە سنوری جەلەولاو قەرەتەپە رۆڵێکی کارای لە کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکاندا گێڕا و هەر ئەو ساڵە دوا بەدوای پێکهێنانی لیوای گەرمیان لێپرسراوەتیی لیواکەی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

بەشێکی ژیانامەیو سەربوردەی پێشمەرگایەتیی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «نازم کەرکوکی پارتیزانە بێدەنگەکە» کە عەلی عەبدوڵڵا کاکە ئەحمەد ئامادەی کردووەو ساڵی ٢٠١٤ لە سلێمانی چاپ کراوە، بڵاوکراوەتەوە.

لە ٢٢ی ئابی ٢٠١٧دا بە هۆی نەخۆشییەوە لە سوید کۆچی دوایی کرد. لە ٢٩ی ئابدا تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە برایە قادر کەرەم و هەر لەوێش بە خاک سپێردرا.

## نازەنین (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ هێرشی هێنابووە سەر چیای سەفین. شەڕ لە دەوروبەری گوندی نازەنین لە ناوچەی شەقڵاوە دامەزرا و چوار سەعاتی خایاند.

لە هێزی دوژمن ٥٠ سەرباز کوژران و بریندار بوون. زیانی پێشمەرگە شەهیدبوونی یەك پێشمەرگە بوو.

## نازەنین عوسمان حەسەن



کادیری پێشکەوتوو. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ لە کۆلیجی ڤێتیرنەریی زانکۆی موسڵ وەرگیراوەو هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٧٧دا لێپرسراوی ڕێکخراوی خوێندکارانی کچان بووە.

ساڵی ١٩٧٩ بە هۆی چالاکیو جموجوڵیەوە کەوتە

بەر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکانو جارێکیش بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە موسڵ گیرا بەڵام لە سۆنگەی خۆڕاگریو نەدرکاندنی هیچ زانیارییەکەوە ئازاد کرا. سەرەڕای ئەوەی کە لەو ماوەیەدا بە چڕی چاودێری کراوە، توانیویەتی بە یارمەتیی ڕێکخستنەکانی موسڵ و هەولێر بگاتە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوزەنگ.


لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا وەك کادیری نەخۆشخانەی شۆڕش کاری کردوەو لە هەمان کاتیشدا ئەرکی بەڕێوەبردنی شانەیەکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پێ سپێردراوە. هەر لەو ماوەیەشدا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا خوێندنگەیەکی بۆ ژنو منداڵە نەخوێندەوارەکانی ناوچەکە کردۆتەوە.

ساڵی ١٩٨١ بە مەبەستی بینینی خولێك کە ڕێکخراوی پزیشکانی بی سنور ڕێکی خستبوو، ڕەوانەی فەرەنسا کرا. دوای تەواوکردنی خولەکە، گەڕایەوە بۆ سوریا بەڵام لەبەر ڕێ نەدانی ئێران بە گەڕانەوەی، لە سوریا مایەوە. ساڵی ١٩٨٤ چووە فەرەنسا و دەستی بە خوێندن کردەوەو توانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دکتۆرا لە بواری ڤێتێرنەریو بەکالۆریۆس لە زانستی ناوبژیوانیی مەدەنی بەدەست بێنێ.

ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ هاوسەرەکەی، دکتۆر ئەحمەد بامەڕنی کە باڵیۆزی عیراق بوو لەسوید، چوو بۆ سویدو خەریکی کاری دیپلوماتێك بوو. ساڵی ٢٠٠٨ گەڕایەوە بۆ عیراق و لە بەغدا لە دەستەی وەبەرهێنان کاری کرد. لەو ماوەیەدا لە بەغداو کەرکوك هەڵسوڕانێکی دیاری لە بواری کاروباری ژنان و مافی مرۆڤدا نواند. ساڵی ٢٠١٠ گەڕایەوە بۆ کۆیەو لە زانکۆی کۆیە وەك مامۆستا دامەزرا.

بابەتی پەیوەندیدار:
* پزیشکی شۆڕش.

## نامیق تاڵەبانی*



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار. ناوی تەواوی نامیق کەریم سمایل مەولود ناسراو بە نامیق تاڵەبانی و نامیق تەقتەقی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی تاڵەبانی گەورەی ناحیەی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیە. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە خوێندنگەی زێڕین لە تەقتەق خوێندویەتی.


ساڵی ١٩٦٨ لە تەمەنی چواردە ساڵیدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٦٩ لە دۆڵی خەلەکان خۆی و خوشکەزایەکی لە لایەن باڵی مەلایی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستگیر کران و ڕەوانەی بەندیخانەی ڕایات کران لە ناوچەی حاجی ئۆمەران و نزیکەی ١١ مانگ لەوێ مانەوە. لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا، نامیق لەبەر بچوکیی تەمەنی ئازاد کرا بەڵام خوشکەزاکەی گوللەباران کرا.

ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لەو ماوەیەدا توانیویەتی لێپرساوەتیی ڕێکخستنەکانی تەقتەق بگرێتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، بۆتە پێشمەرگەو هەر لەو ساڵەشدا لە شەڕەکانی کێوەڕەش لە ڕانیە بریندار بووە. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕاوەتەوە بۆ تەقتەق

و درێژەی بە ئەرکەکانی خۆی لە ڕێکخستندا داوە.
ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارەوە کردو کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٧٧ یاوەریی مەفرەزەکەی مەلا بەختیاری کرد لە بەسەرکردنەوەی ناوچەکانی سنوری دەشتی هەولێرو دەشتی کۆیەو خۆشناوەتی. لە١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٧٧ دا مەفرەزەکە لە گوندی کانی سوری دەشتی کۆیە توشی پێکدادان هات لەگەڵ مەفرەزەیەکی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەو پێکدادانەدا شەهید بوو.

## نامیق سدیق مەلا کۆڕێ*



پێشمەرگە. ناسراو بە مامۆستا کاوە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ی هەولێر. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر گوندی کۆڕێی سەر بە قەزای شەقڵاوە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٦ خوێندنی لە ئامادەیی پیشەسازیی هەولێر تەواو کردو بۆ ساڵی دواتر بوو بە پێشمەرگە لە کەرتی ٥ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی. دواتر بوو بە فەرماندەی هەمان کەرت و بەشداریی زۆربەی نەبەردەکانی پێشمەرگەی لە ناوچەی بەڕانەتیدا کردووە.

ساڵی ١٩٨٨ خۆی و هاوڕێیەکی بە ناوی هۆشیار عەبدولکەریم ناسراو بە هۆشیارە سور کە ڕابەری سیاسیی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بوو، بە ئیشوکاری شۆڕش چونە ناو شاری هەولێر و هەر لەوێش دەستگیر کران. بەپێی ئەو بەڵگانەی دەزگای ئەمنی هەولێر کە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کەوتونەتە دەست پێشمەرگەو خەڵك، دەرکەوتووە کە نامیق و هۆشیار لە ٩ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ گوللەباران کراون. تەرمەکانیان تا ئێستا شوێن بزرە.

## ناوچەی سەرکردایەتی

دەستەواژەیەکی جوگرافییە ئاماژە بۆ ئەو ناوچەیە دەکا کە لە ماوەی نێوان تشرینی دووەمی ١٩٧٧ و ئازاری ١٩٨٣ بنکەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو شوێنی جێگیربونی دامودەزگا بنەڕەتییەکانی بووە. ئەم ناوچەیە کەوتۆتە سەر سنوری عیراق-ئێران، لەباکوری ڕۆژهەڵاتی شاری قەڵادزێ، لە نێوان چیای قەندیل لە باکوردا و چیای مامەندە لەباشوردا. لەباری درێژیدا لەگوندی سونێو قەڵاتوکانەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە سەر سنوری عیراق- ئێران. نزیکترین چوار گوندی ئێرانی کە لێوەی نزیکن بریتین لە نۆکان، گۆڕەشێر، داوداوێو کانی زەرد. ناوچەکە لەم گوندو شوێنانە پێکدێ: قەڵاتوکان، بێدەلان، پشکاوێ، سونێ، شێنێ، قوڵەهەرمێ، زەڵێو خڕێ ناوزەنگ.
ڕوبەرەکەی نزیکەی دوانزە کیلۆمەتری دوجا دەبێ بەڵام لە هەندێ قۆناغدا ناوچەکە بەرەو سنوری ناو ئێران پەلی هاوێشتوەو هەندێ شوێنی وەك توژەڵە، نۆکان و قاسمە ڕەشی گرتۆتەوە کە لە کاتی جیاوازدا چەند بارەگایەکیان لێ دانراوە.
ساڵی ١٩٨٠ ناوچەکە زۆر قەرەباڵغ و ئاوەدان ببوو. بارەگاکان بەمجۆرە دابەش کرابون: بارەگای سکرتێری گشتیی یەکێتی، سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ناوەندی کۆمەڵەو بارەگاکانی




هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەو بزوتنەوەی سۆشیالیست و هێڵی گشتی، بارەگای دەزگای دارایی، نەخۆشخانە، بەندیخانە، لە ناوزەنگ بوون. بارەگای مەکتەبی عەسکەری، دادگای باڵای شۆڕش و بارەگای لقی ٣ لە زەڵێ بون. بنکەکانی گومرگ لە بێدەلانو شێنێ بون بۆ گومرگ کردنی ئەو کەرەستانەی کە لە عیراقەوە دەهاتن. بۆ ئەو کەرەستانەش کە لە ئێرانەوە دەهاتن، بنکەی گومرگ لە ناوزەنگ بوو. دواتر، نەخۆشخانەیەکی گەورە لە قوڵەهەرمێ دامەزرا و نەخۆشخانەکەی ناوزەنگ وەك تیمارگە مایەوە. بارەگای دەزگای راگەیاندنیش کە ساڵی ١٩٧٩ لە زەڵێ بوو، بۆ توژەڵە گوێزرابۆوە. هاوینان، هەموو بارەگاکان، بەندیخانەی لێ دەرچێ، لە قوڵە هەرمێوە تا ناوزەنگ چۆڵ دەکران و دەگوێزرانەوە بۆ توژەڵە.

ناوچەکە یەکێ لە دەروازە سەرەکییەکانی بازرگانیی سەر سنوری عیراق- ئێران بوو. دانیشتوانی ئەم بەر و ئەوبەری سنور بە هۆی ئەم بازرگانییەوە، داهاتێکی باشیان چنگ دەکەوت، لە هەمان کاتدا گومرگەکانیش سەرچاوەیەکی باشی داهاتیان بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتیو پێداویستییەکانی شۆڕش دابین دەکرد.

لە هەندێ قۆناغدا ناوچەکە بارەگای چەند حزبێکی عیراقیی گرتۆتە خۆ لەوانە بارەگای پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە زەڵێو بارەگای باڵی سەر بە سوریای حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب لە ناوزەنگ. هەروەها لە ساڵی ١٩٨١دا رێکخراوی ئاڵای رزگاریی کوردی تورکیا بارەگایەکی زستانەی لە زەڵێو دانەیەکی دیکەی هاوینەی لە توژەڵە دانا. ناوچەی سەرکردایەتی دوو جار هەڕەشەی گرتنی

لێ کراوە. جاری یەکەم لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨، کاتێك سوپای عیراق چیای مامەندەی گرت و ئەو دەرفەتەی بەدەست هێنا کە لەوێوە بە هەموو لاکاندا شۆڕ ببێتەوەو هەموو شوێنەکان بگرێ. دوا بەدوای گیرانی چیای مامەندە، شەڕ بۆ ماوەی ٩ رۆژ درێژەی کێشا و لەم بارەیەوە جۆرە هەماهەنگییەك لە نێوان سوپای عیراقو سوپای ئێراندا هەبوو. بەڵام بە هۆی بەفربارینەوە، سوپای عیراق شەڕەکەی دۆڕاندو کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکەی هێنا. جاری دووەم لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ بوو، کاتێك هێزی پاسدارانی ئێران لەڕەوتی گرتنەوەی ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا، خەریك بوو لە ناوچەی سەرکردایەتی نزیك دەبۆوەو هەڕەشەی گرتنی دەکرد. نزیکبونەوەی هێزی پاسداران لە ناوچەی سەرکردایەتی لێی رادەبینرا ببێ بە فاکتەرێك بۆ هاندانی عیراق بۆ زیادکردنی جموجوڵی سەربازیی لە قەلادزێو رانیەو ئەمەش بەو سەرەنجامە دەگەیشت کە ناوچەکە بکەوێتە نێوان قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی هێزی پاسدارانو قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتی سوپای عیراق، بە تایبەتی کە لەو کاتەدا جەنگی عیراق- ئێران لە تاوسەندندا بوو، تازە پێی نابووە ساڵی سێیەمەوە. لەو هەلومەرجەدا یەکێتی زۆربەی هێزەکانی بۆ پشتیوانی کردن لە هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناردە ناو ئێران و توانی پێش وەرزی بەفربارین پێشڕەویی هێزی پاسداران رابگرێو دوا بەدوای ئەمە وردە وردە بارەگا سەرەکییەکانی بڵاوە پێ کردو شوێنی لەبارتری بۆ دۆزینەوە.

لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە، چیتر دەستەواژەی ناوچەی سەرکردایەتی بەکار نەهێنرا، چونکە بارەگا سەرکردەییەکانو بارەگاکانی سەرکردایەتی بڵاوەیان پێ کرا و دەرفەتێکی وا پێك نەهات کە هەر هەموی لە یەك شوێن کۆ بکرێنەوە.

ساڵی ١٩٨٨، دوا بەدوای قۆناغی ئەنفالەکان، ناوچەکە بایەخی پەیدا کردەوەو وەك بنکەیەکی لۆجستیکی بۆ هێزی پێشمەرگە سودی لێ وەرگیرا. دوای ئەوەی کەبارەگای سەرکردایەتیی یەکێتی بۆ قاسمە ڕەش گواسترایەوە، بایەخی ناوچەکە زیادی کرد. لە ئەیلولی ١٩٨٩ کۆنفرەنسی دامەزراندنی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان لە زەڵێ بەسترا. پاش سەرهەڵدانی قەیرانی کوێت و لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی زەمینیی هاوپەیمانان بۆ سەر عیراق، وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ ئەگەری شکانی عیراق لەجەنگ، ئیستگەیەکی ٤١ مەتری لە زەڵێ دانرا و ئەم رادیۆیە لە کاتی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا رۆڵێکی بەرچاوی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی راپەڕینەکەدا گێڕا. لە راپەڕینی ١٩٩١دا ئەو هێزانەی شاری رانیەیان رزگار کرد، بنکەکانیان لە ناوچەی سەرکردایەتیو دەوروبەری بوو.

## ناودەشت (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای عیراق لە ماوەی نێوان ٢٨- ٣١ی ئازاری ١٩٧٧ لە ناوچەی ناودەشت لە ڕانیە. لەو شەڕانەدا هێزێکی بەربڵاوی لەشکری ٢ی سوپای عیراق بە مەبەستی لە ناوبردنی پێشمەرگەو راگواستنی دانیشتوانی ناوچەکە، هێرشی کردە سەر ناوچەکە. شەڕ لە بۆڵێ و سوورەدێ و دۆڵی شەهیدان دامەزرا کە تێیدا دەوروبەری ١٠٠ سەرباز کوژران و بریندار بوون. لە هێزی پێشمەرگەش، عەلی حەمە خدر و محەمەد سەردەشتی و سەلیم خدر عەلی شەهید بوون.

لەو دانیشتوانەی کە سوپای عیراق لەو ناوچەیەی راگواست، زیاد لە ٣٠٠ خێزان بۆ خوارووی عیراق

راگوێزران و گوندەکانی سیوەیس، شێخان ورتە، ئەبوبەکرو باراوەش سوتێنران.

## ناوزەنگ (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکان)

کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ناوزەنگ لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان.

ئەم مەسەلەیە پێشتر زۆر جار لە سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکان وروژێنراوە بەڵام لەبەر سەرقاڵبونی سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکان بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستاندا و پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکان و دژواریی هەلومەرجی سەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار، بۆ کاتێکی لەبارتر هێڵرابۆوە. بە ناوەڕۆك، سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکان هەر لە سەرەتاوە پشتگیریی گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانی کردووەو پێی وابووە ئەم ناوە بەو زەقییە رەنگە زۆر کێشە بۆ هەڵسوڕانی کادیرانی کۆمەڵە دروست بکا. سەربار، ناوەکە بەم فۆرمۆلەبەندییە زۆرتر گوزارشتی لە ڕەوتێکی دیاریکراوی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی دەکرد کەڕەوتی ماویزمە. ئەم رەوتەش لەگەڵ مەیل و ئارەزوی سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکاندا وێك نەدەهاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکان، پرۆژەی گۆڕینی ناوی کۆمەڵە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە.

لە دووەم کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لەگوندی شێنێ لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨، پرۆژەی گۆڕینی ناوی کۆمەڵە کەوتەوە بەر باس و بڕیاری لێ درا، بەڵام کۆبونەوەکە هیچ ناوێکی پێشنیارکراوی یەکلایی نەکردەوەو دواجاریش کۆبونەوەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە مەسەلەکە بە هەڵپەسێردراوی بهێڵێتەوە. لە کۆبونەوەکەدا بڕیاری گۆڕینی ناو هیچ کێشەیەکی لێ نەکەوتەوەو بە ئاسانی تێپەڕی.

لە پەرەگرافێکی وتارێکدا بە ناونیشانی «بۆچی وەرزنامەکەمان ناوی نراوە کۆمەڵە» کە نەوشیروان مستەفا لە ژمارە ٢ی گۆڤاری «کۆمەڵە» بڵاوی کردۆتەوە، سێ زانیاریی گرنگمان چنگ دەکەوێ. یەکەمیان ئەوەیە کە کۆمەڵە لەبەرنامەیدا بووە هەموو پێداویستییەکانی هەنگاونان لە قۆناغی ڕێکخراوەییەوە بەرەو قۆناغی حزبایەتی فەراهەم بکات و لەم چوارچێوەیەدا گۆڕینی ناوەکە سەرەتای جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە بووە. دووەمیان ئەوەیە کە نیمچە کۆدەنگییەك لەسەر ئەوە هەبووە کە وشەی «کۆمەڵە» بپارێزرێ‌و بهێڵرێتەوە. سێیەمیان ئەوەیە کە هێشتنەوەی ناوی «کۆمەڵە» بۆ رۆژنامەی ناوەندی، لە کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی شێنێ لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨ بڕیاری لێ دراوە. پەرەگرافەکە دەڵێ «کۆمەڵە دەبێت مەرجەکانی گۆڕینی خۆی لە قۆناغی ڕێکخراوەییەوە بۆ قۆناغی حزبایەتی بەجێ بهێنێت کە یەکێکیان گۆڕینی ناوەکەیەتی بە جۆرێکی ئەوتۆ کە دەبێت لەگەڵ قۆناغی بەرزترو باڵاترو پێشکەوتوتری ئێستای بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان بگونجێ کە بێگومان جیاوازە لە هی قۆناغی ٨ ساڵ لەمەوبەری سەرەتای دامەزراندنی. بەڵام وشەی «کۆمەڵە» وەکو ناوێکی مێژوویی، وەکو وشەیەك کە تێکەڵاو بووە لەگەڵ خوێن و رەنج و تێکۆشان و بیرەوەریی شۆڕشگێڕانەی سەدان تێکۆشەری قارەمان لە قۆناغێکی مێژوویی گرنگی خەباتی گەلەکەماندا،

دەبێ پارێزگاری بکرێت و نەهێڵرێت کوێر ببێتەوە. جا لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵە ناوی دەگۆڕێت و بەتەمایە ناوێکی تری ئەوتۆ لە خۆی بنێت کە لەگەڵ فەرمانە مێژووییەکانی ئێستایو لەگەڵ قۆناغی خەباتی گەلەکەماندا بگونجێو ئەم مەسەلەیە ئێستا لێدوانو گفتوگۆی لەسەرە، کۆبونەوەی فراوانی کادیران بڕیاری هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەی دا بۆ ئۆرگانی ناوەندیی ڕێکخراوەکەمان».

بە درێژایی شەش مانگی پاش کۆبونەوەکەی شێنێ گفتوگۆی تێروتەسەل لەم بارەیەوە هاتە ئاراوەو لە کۆتاییدا ڕاکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کەگونجاوترین ناو بۆ کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان کە بە کەڵکی هەلومەرجی کوردستان و ژینگەی کۆمەڵایەتیی خەباتی شۆڕشگێڕانە دێ، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە. لەگەڵ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی ناوەکەدا، بڕیار درا گۆڕینی ناوەکە لەیەکی ئایاردا ڕابگەیەنرێ کە ڕێکەوتی جەژنی جیهانیی کرێکارانە.

لە یەکی ئایاری ١٩٧٩ ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ کۆبونەوەیەکی بۆ کادیرە پێشکەوتووەکانی لە بارەگای سالار عەزیز، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە، ڕێکخست کە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەوانە سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، فازڵ کەریم ئەحمەد، زێڕۆ عەبدوڵڵا، عومەر عەبدوڵڵاو دەوروبەری چل کادیری پێشکەوتوو ئامادە بون تێیدا. لە کۆبونەوەکەدا سێ بیانوو بۆ گۆڕینی ناوی کۆمەڵە هێنرانەوە. بیانوی یەکەم پشت ئەستور بوو بە بڕیاری ساڵی پاری کۆبونەوەی شێنێ. بۆیە کۆبونەوەی ناوزەنگ وەك درێژەپێدانو جێبەجێکەری بڕیارەکەی کۆبونەوەی شێنێ تەماشا کرا. بیانوی دووەم پشت ئەستور بوو بەوەی کە بەکارهێنانی مارکسیزم- لینینیزم وەك ناو بۆ کۆمەڵە، ڕۆڵی خراپو بێزراوی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەبیر خەڵکیدا دێنێتەوەو لێکچونێك لە مێشکی خەڵکیدا لە نێوان ناوی کۆمەڵە و ناوی پارتی کۆمۆنیستدا دروست دەکا کە کاریگەریی خراپی لەسەر خەباتی ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵە دەبێ، سەرباری ئەوەی کە بەکارهێنانی ناونیشانی مارکسیزم بەو زەقییە لە ژینگەیەکی جوتیارانەی دواکەوتودا دەبێتە مایەی فەراهەم کردنی هەلومەرجێك کە تێیدا نەیارەکان دەتوانن بە چەکی ئاین ڕوبەڕوی کۆمەڵە ببنەوە. بیانوی سێیەم ئەوە بوو کە تازە ڕەوتی ئیسلامی لە ئێران سەرکەوتنی بە دەست هێناوەو بەم هۆیەوە دەشێ ناوە کۆنەکە هیچ بوارێك بۆ سودمەندبون لە هەلومەرجی پاش ڕوخانی ڕژێمی شای ئێران بۆ کۆمەڵە نەهێڵێتەوە.

پاش هێنانەوەی ئەو بیانووانە، گفتوگۆ لەم بارەیەوە کرا و چەند ناوێکیش پێشنیار کران، لە کۆتاییدا کۆبونەوەکە بە زۆرینە دەنگی بە هەڵبژاردنی ناوی «کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان» دا.

## ناوزەنگ (کۆبونەوەی فراوانی کۆمیتەی سەرکردایەتی)

کۆبونەوەی فراوانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوزەنگ لە ماوەی نێوان ٢-١٨ی ئازاری ١٩٨٠. ئەم کۆبونەوە فراوانە بە خولی چوارەمی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی ناسراوە. خولەکانی کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی ساڵانە دەبەستران. لەمەوبەر، خولی یەکەم لە برادۆست لە ساڵی ١٩٧٧ بەڕێوە چووە، خولی دووەم و سێیەمیش، یەکێکیان لە ساڵی ١٩٧٨ و ئەوی تر لە ساڵی ١٩٧٩، لە ناوزەنگ بەڕێوە چوون.

کۆبونەوەکە زۆرتر لە کۆنفرەنسێکی بچوك دەچوو کە ژمارەی ئەندامە بەشداربووەکانی دەوروبەری ٧٠ ئەندام دەبوو و لە سکرتێری گشتی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیتشمانیی کوردستان، سەرکردایەتیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، نوێنەرانی هێڵی گشتی، فەرماندەی هەرێمەکان، فەرماندەی کەرتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، رابەرە سیاسییەکان و لێپرسراوی لقەکان پێکهاتبوو.

لە دەستپێکی کۆبونەوەکەدا دەستەیەکی سەرۆکایەتی بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان لە سێ ئەندام هەڵبژێردرا و دواتر تاڵەبانی راپۆرتێکی دورو درێژی سەبارەت بە رەوشی گشتیی ئەو کاتەو سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەڵوێستی بەرامبەر بە مەسەلەکانی رۆژ خوێندەوە. هەر ئەو مانگە راپۆرتەکە بە شێوەی نامیلکەیەکی قەبارە مامناوەنجی، لە دوتوێی ٨٦ لاپەڕە، بە ناونیشانی «جۆشدانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم و نۆکەرانیان بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی» لە لایەن دەزگای راگەیاندنەوە چاپ کرا.

تاڵەبانی لە راپۆرتەکەیدا ئاراستەکانی سیاسەتی یەکێتیی دیاری کردو پشتیوانیی لە بەعیراقی کردنی شۆڕش و کاراکردنی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق کرد کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە ئەندام بووە تێیدا و لە هەمان کاتدا بەلایەوە گرنگ بوو کە هەنگاو بەرەو پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی دیموکرات بنرێ، هەروەك جەختی کردە سەر تۆکمەکردنی رێکخستنی ناو شارەکان و پشت بەستن بە گەل نەك بە هێزی دەرەکی.

راپۆرتەکە جەختی کردەوە سەر روخاندنی رژێمی بەعس و هێنانە کایەی رژێمێکی نیشتمانیی دیموکرات کە لە سایەیدا ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستان دابین بکات.

کۆبونەوە فراوانەکە، لەسەر پێشنیاری تاڵەبانی، یەکێتیی لەسەر ئاستی دابەش کردنی لێپرسراوەتییەکانەوە، لە سەرەوە تا خوارەوە، بە تەواوی، کردە دامەزراوەیەکی سێ فلیچقانەی پێکهاتوو لە باڵەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران و بزوتنەوەی سۆشیالیست و هێڵی گشتی. بەم پێیە، لەسەر ئاستی سەرەوە، پێوەری سێ فلیچقانە کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و لەسەر ئاستی خوارەوە، دەزگاو مەکتەب و هەرێم و لقەکانی گرتەوە. بەپێی پێوەرە پیڕۆکراوەکە، هەر دەزگایەك دەبوایە نوێنەرانی هەر سێ باڵی تێدا بێ.

پێوەری سێ فلیچقانە رەزامەندیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی لەسەر نەبوو و زۆرتر لە قازانجی دوو باڵەکەی تردا بوو کە، بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵە، کەمدەسترۆیشتووتر بون. هەرچەند پێوەرەکە یەکسانییەکی رەهای لە دابەش کردنی لێپرسراوەتییەکاندا دابین دەکرد، بەڵام جیاوازیی هێزو قورسایی باڵەکان زۆرتر پێویستی بە دابەش کردنی لێپرسراوەتییەکان بوو لەسەر بنەمای توانا و لێوەشاوەیی. هەر چۆنێك بێ، سیستمەکە کاری پێ کرا و کۆمەڵەی رەنجدەرانیش بە نابەدڵی پەسندی کرد. بەڵام بە کردەوە سیستمەکە لە خوارەوە زۆر گرفتی لێ کەوتەوە، یەکێتیی کاری لە دەزگاکان نەهێشت و رۆتین و بیرۆکراسییەکی بێزارکەری بەرهەم هێنا. ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر چارەنوسی تاقیکردنەوەکە دروست کرد. ئەم رەوشە نزیکەی دوو ساڵ درێژەی کێشا. لە هاوینی ١٩٨٢دا بۆ هێورکردنەوەی رەوشەکە، بڕیار درا واز لە سیستمی سێ فلیچقانە بهێنرێ و دەست بە یەکخستنی باڵی

هێڵی گشتی و باڵی بزوتنەوەی سۆشیالیست بکرێ و ڕێکخراوێکی تازە لە هەردوکیان بە ناوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە پێك بهێنرێت.

زۆربەی کاتی کۆبونەوەکان بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی تاڵەبانی و گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکەکەی و هەڵسەنگاندنی و هەروەها بۆ تاوتوێ کردنی ڕەوشی سیاسی و پێشمەرگایەتی تەرخان کرا.

لە کۆتایی کۆبونەوەکاندا تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرایەوەو کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی لە ٢١ ئەندام بۆ یەکێتی پێك هێنرا کە هەر یەك لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران، بزوتنەوەی سۆشیالیست و هێڵی گشتی ٧ ئەندامی تێدا هەبوو. هەروەها مەکتەبی سیاسی لە ٦ ئەندام پێك هات کە هەر یەك لە سێ لایەنە پێکهێنەرەکە دوو ئەندامی تێدا هەبوو. فازڵ کەریم ئەحمەدو سالار عەزیز نوێنەری کۆمەڵە بون لە مەکتەبی سیاسی، لە بزوتنەوەی سۆشیالیست عەلی حەویز و جەمال حەکیم ئاغاو لە هێڵی گشتیش دکتۆر عومەر شێخموس و دکتۆر کەمال خۆشناو.

لە کۆبونەوە فراوانەکەدا مەکتەبەکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخستن، عەسکەری و پەیوەندییەکان، دارایی و هەرێمەکان و یەکەکانی هێزی پێشمەرگەو لقەکان ڕێك خرانەوە، هەروەك بڕیاریش درا ئەنجومەنێکی نیشتمانی بە ناوی ئەنجومەنی شۆڕشگێڕەوە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك بهێنرێ و ئەندامەکانی لە سەرکردایەتیی هەر سێ باڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزوتنەوەی سۆشیالیست و هێڵی گشتی و لێپرسراوەکانی هێزی پێشمەرگەو رابەرە سیاسییەکان و بەرپرسی لقەکان و کەسانی سەربەخۆ پێك بێت. وا پێشنیار کرا ئەنجومەنەکە سیاسەتی گشتیی یەکێتی دابنێ، ئەرکی ڕاستاندنی بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بگرێتە ئەستۆو ڕۆڵی چاودێر بگێڕێت. پێکهاتەو ئەرکەکانی ئەنجومەنی پێشنیارکراو زۆر لە ئەنجومەنی نیشتمانیی فەلەستینەوە نزیك بوو کە مێژوی پێکهێنانی بۆ کۆنفرەنسی ساڵی ١٩٦٤ی شاری قودس، دوا بەدوای یەکەمین کۆنفرەنسی لوتکەی عەرەب لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر، دەگەڕێتەوە. لە ساڵی ١٩٦٧، دوای داگیرکردنی قودس و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ڕوباری ئوردون، ئەنجومەنی نیشتمانیی فەلەستین وەك پەرلەمانی تاراوگەی فەلەستینییەکان هەڵسوڕا.

بیرۆکەی دامەزراندنی «ئەنجومەنی شۆڕشگێڕ» لە ناو کورددا بیرۆکەیەکی تازە بوو. هەرچەند بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەکە بە ڕونی ئاماژەی پێ داوەو هەندێ لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی و پێکهاتەکەشی دیاری کردووە، بەڵام دوای تەواوبونی کۆبونەوەکە، هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنرا چونکە زۆربەی کادیرەکان لە ئەرکەکانی ئەنجومەنەکە تێ نەگەیشتبوون و بە زیادەیان دەزانی، هەندێکی تریش لەو باوەڕەدا بون کە هێشتا کاتی دامەزراندنی ئەم چەشنە ئەنجومەنانە نەهاتووە، هەندێکی دیکەش پێیان وابوو ئەنجومەنێکی لەو جۆرە لە دامەزراوەیەکی بیرۆکراتی کارتۆنیی بێدەسەڵات بەولاوە هیچی دیکە نابێ.

ڕەنگە هۆی پێشنیارەکە پەیوەندیی بە هەندێ بابەتی هەستیاری ناو کۆبونەوە فراوانەکەوە هەبوو بێ، چونکە لەو کۆبونەوەیەدا یەکێ لەو پرسانەی کە وروژێنران، چۆنێتیی بەڕێوەچونی پرۆسەی دروست کردنی بڕیار بوو لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەتایبەتی کە هەست دەکرا پەیوەندیی نێوان سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی و دامەزراوە سەرکردەییەکان پێویستی بە پێداچونەوەو ڕێکخستنەوە هەیە. ئەمە وای کردبوو گفتوگۆکانی ناو کۆبونەوەکان نەختێك گرژییان تێ بکەوێ. لەم کەشەدا پێشنیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی شۆڕشگێڕ

هەوڵێك بوو بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەو بەشداری پێ کردنی زۆرترین ژمارەی لێپرسراوان لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاردا.

لە ٢٠ی ئازاردا بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوە فراوانەکە بە زمانی عەرەبی راگەیەنرا و تێیدا کۆبونەوەکان بە «گرنگ» دانران و وا هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا کە «لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا نمونەیان نیە، بە چاکترین شێوەو بە چەشنێکی سەرکەوتووانە ئەرکەکانیان بەجێ هێناوە».

پاشکۆ

## بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەی فراوانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لە ماوەی نێوان ٢-١٨ی ئازاری ١٩٨٠دا کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئامادەبونی سەرکردەکانی هەر سێ باڵ و فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەو رابەرە سیاسییەکان و بەرپرسی لقەکانی یەکێتی، سەرکەوتووانە زنجیرەیەك کۆبونەوەی بەست.

کۆبونەوە فراوانەکە بە خولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گەلی عیراق و شەهیدانی کوردستان بەگشتی و شەهیدە نەمرەکان، عەلی عەسکەری، حسێن بابە شێخ و دکتۆر خالید سەعید، دەستیان پێ کرد. شەهیدبونی ئەم سێ سەرکردەیە بە دەستی سەرکردایەتیی خۆفرۆشی بارزانیی نۆکەری ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی لەم دواییەدا ساغ بۆوە.

پاشان دەستەیەکی سەرۆکایەتی بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان لە سێ هەڤاڵ هەڵبژێردرا، ئینجا سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز جەلال تاڵەبانی دەستی بە خوێندنەوەی راپۆرتی گشتیی سیاسی و عەسکەری و رێکخراوەیی دەربارەی رەوشی سیاسی و عەسکەریی کوردستانی عیراق و بارودۆخی جیهانی عەرەب و رۆژهەڵاتەکەی خۆمان کرد، دەستکەوتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی قارەمانی پێشمەرگەو هەوڵەکانی بەعیراقی کردنی شۆڕش و پەرەپێدانی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و هەنگاونان بەرەو بنیاتنانی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی خوازراوی عیراقی بەسەر کردەوەو بارودۆخی رێکخستن و فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی نمایش کرد. هەروەها هەلومەرجی گونجاوی جێبەجێ کردنی ئەرکە سەرەکییەکانی شرۆڤە کرد، لەوانە درێژەپێدانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە بۆ روخاندنی فاشیزمی دەسەڵاتدارو رزگارکردنی عیراقەکەمان لە فەرمانڕەوایی خوێناویی دژ بە گەلی ئەم فاشیزمە و هێنانە سەر کاری حوکمی ئیئتیلافی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز کە لە توانایدایە ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ گەلی عیراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری سەربەخۆو دیموکراتی عیراق دابین بکات.

گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر راپۆرتەکەی سکرتێری گشتی کرا کە دەیان هەڤاڵ بەشدارییان تێدا کرد. لەم گفتوگۆیەدا دەرکەوت کە یەکێتیی بیروڕا لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چەسپیوەو هەموان بە قووڵی پەی بە پێداویستییەکانی پەرەپێدانی خەباتمان دەبەن، هەست بە لێپرسراوەتیی نیشتمانی دەکەن، گیانێکی هەڤاڵانەی رەخنەگرانەی بنیاتنەر لە نێوانیاندا هەیەو بەوپەڕی ئازادییەوە تێبینی و بیروباوەڕە هەمەچەشنەکانیان دەردەبڕن. شرۆڤە بنەڕەتییەکانی بابەتەکانی ناو راپۆرتەکە

سەبارەت بە بارودۆخی تێکۆشانمان، بارودۆخی دوژمنان، ئەرکەکانی یەکێتی و هێزی پێشمەرگە، چەسپاندنی ڕێبازی خەباتی سیاسی و فیکری و عەسکەریمان، پتەوکردنی سیاسەتی یەکێتی، ڕاستاندنی پلانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەوڵداندا بۆ بە عیراقی کردنی شۆڕش، بوژاندنەوەی کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، هەنگاونانی لیبڕاوانە بەرەو بەرەی نیشتمانیی دیموکرات، جێبەجێ کردنی سیاسەتی کوردستانییانەو عیراقییانەو عەرەبییانەو نێودەوڵەتییانەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، پەسەندکردنی پلانی پێشنیارکراو بۆ فراوانکردن و پەرەپێدانی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەو ڕێکخراوە دیموکراتییە جەماوەرییەکان و بەستنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدارمان بە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی شارو ئۆردوگا زۆرەملێکانەوەو هەڵهێنانی هەنگاوی گەورە بەرەو جەماوەری کرێکاران و جوتیاران و کاسبکاران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی شارەکان و پیادەکردنی سیاسەتی پشت بەستن بە هێزی داهێنەرانەی گەل بۆ درێژەپێدان و بەعیراقی کردن و سەرکردایەتی کردنی شۆڕش بەرەو سەرکەوتن. هەموو ئەم بابەتانەی ناو ڕاپۆرتەکە لە کۆتایی گفتوگۆکەدا بە کۆی دەنگ پەسند کران.

کۆبونەوە فراوانەکە جەختی کردە سەر سروشتی بورژوازی و بیرۆکراتییانەو مشەخۆرانەی ڕژێم و ڕەفتاری فاشیستانەی و لەم سەروبەندەدا سیاسەتە ناپاکەکەی دژ بە بەرژەوەندیی هەردوو نەتەوەی برای کوردو عەرەبی لە بوارە ئابوری و بازرگانیی عەرەبی و نێودەوڵەتییەکاندا شەرمەزار کرد، نۆکەرایەتیی ئەو ڕژێمەی بۆ کۆلۆنیالیزمی نوێ و پەیوەندیی بە ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە لە ڕێگەی کۆنەپەرستانی سعودیەوەو دیدارە نهێنییەکانی و هەماهەنگیی کارای لەگەڵ پڕۆژەو پیلانە جەهەننەمییەکانی دژ بە شۆڕشەکانی فەلەستین و ئێران و کوردستان و عیراق و دژ بە جوڵانەوەی ڕزگاریی عەرەب ریسوا کرد، هەروەك کۆبونەوە فراوانەکە بە کۆی دەنگ سور بوو لەسەر درێژەپێدانی خەبات بۆ قوڵ کردنەوەی قەیرانی گشتیی ڕژێم، گۆشەگیرتر کردنی و جۆشدانی هێزە شۆڕشگێڕەکان بۆ روخاندن و تەفروتوناکردنی دەزگا سەرکوتکەرو فاشیستییەکانی. کۆبونەوەکان دژایەتیی خۆیان بۆ هەوڵی چەواشەکارانەی فاشیزم و هەوڵە چەپەڵەکانی بۆ کڕینی ویژدانی خەڵکی کوردستان و تەفرەدانی ناوەندە ناسیۆنالیستە بورژوازییەکان، ئەوانەی کە کۆڵیان داوەو چیتر توانای درێژەپێدانی خەباتی سەختی شۆڕشگێڕانەیان نەماوە، دەربڕی. هەروەها کۆبونەوەکان هەوڵی ئاشکرای ڕژێمیان بۆ ڕاکێشانی ئەو ناوەندانە بۆ ریزی نانیشتمانی و دوژمن بە گەل، بە بیانوی «سەردەمی تازە» و «داننان بە مافەکانی گەلی کورددا» شەرمەزار کرد. بەشداربووانی کۆبونەوەکان بە کۆی دەنگ سیاسەتی وتوویژو ساتوسەودایان لەگەڵ فاشیزمی دەسەڵاتدار سەرزەنشت کردو جەختیان کردە سەر ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی تەنگبین و لادان بەلای ڕژێمی فاشیستی دەسەڵاتداردا زیانێکی گەورە بە گەلی کورد بەتایبەتی و بەگەلی عیراق بە گشتی دەگەیەنێ، بەتایبەتی لە هەلومەرجی تەشەنە سەندنی قەیرانە سەختەکەی ڕژێمی دوژمن بە گەل و دەرکەوتنی ئاماژەکانی ڕاپەڕینی جەماوەرو بایەخ و ڕۆڵی ئەو ڕاپەڕینە لە ژیانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەو خەبات و ئامادەیی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ چونە ناو خەباتی شۆڕشگێڕانە بە هەموو شێوەکانییەوە بۆ روخاندنی فاشیزم. هەروەها کۆبونەوەکان رونیان کردەوە کە لایەنگرانی سازش و کۆبونەوە لەگەڵ فاشیزم، سەنگێکی راستەقینەیان

لە شۆڕش و بزاوتی رزگاریخوازانەماندا نیەو ئەگەر راستگۆیانەو راشکاوانە لە رێبازی بەزین و خۆبەدەستەوەدان پاشەکشە نەکەن و شوێنێك بۆ خۆیان لە بەرەی بەرهەڵستی کردنی فاشیزم بە شێوەیەکی راستەقینەو ریشەیی و لە دژایەتی کردنی هێزەکانی دژ بە گەلی عیراق بە عەرەب و کوردو تورکمان و تەواوی هاوولاتییەکانییەوە نەدۆزنەوە، هەر هێندەیان لە دەست دێ کە خۆیان هەڵدەنە ناو هەڵدێری باوەشی فاشیستەکانەوە.

کۆبونەوە فراوانەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێبازی خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەی بە هەموو شێوەکانی چەکدارو جەماوەری و سیاسی و فیکری و هاندانەوە چەسپاند، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق بۆ روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری وابەستە بە ئیمپریالیزم و پرۆژەکانی، ئەمەش بەوە دێتە دی کە شۆڕش بەعیراقی بکرێت، کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق پتەوتر بکرێت، هەنگاو بنرێ بۆ هێنانە دیی بەرەی نیشتمانیی دیموکرات بۆ رابەرایەتی کردنی گەلەکەمان بەرەو تەواوکردنی هەموو ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات لە عیراقدا، هەروەها کۆبونەوەکە پشتگیریی ئەو بڕیارانەی کرد کە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق لە خولی ئەم دواییەیدا لەسەر خاکی نیشتمان داویەتی و داوای کرد ئەم بڕیارانە کتومت جێبەجێ بکرێن.

پاشان بەشداربووانی کۆبونەوە فراوانەکە گوێیان لە راپۆرتەکانی هەڤاڵان لێپرسراوانی مەکتەبەکانی عەسکەری، رێکخستن، راگەیاندن، دارایی و بەڕێوەبردن، پەیوەندییە نیشتمانی و کوردستانی و نێودەوڵەتییەکان گرت و گفتوگۆیەکی تێروتەسەل و راشکاوانە دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتانە کرا و لەم رووەوە راسپاردەی گرنگ دەرچوو. لەم چوارچێوەیەدا بڕیار درا پەرە بە هێزی پێشمەرگە بدرێ، بە جۆرێك کە بە گیانی خۆبەخت کردنی تێکۆشەرانە، تەنها لەپێناوی گەلدا، گۆش بکرێ. هەروەها بڕیار درا دەزگایەکی دارایی تایبەت بە کۆکردنەوەی پیتاك و باربوو و قەدەغەکردنی سەرانەو باجی قورس و نەهێشتنی تەنگ هەڵچنین بە کۆمەڵانی خەڵکی جوتیار، پێك بهێنرێ. هەروەها بڕیار درا گیانی هەڤالانە لە نێوان پێشمەرگەو سەرکردەکانیاندا بچەسپێنرێ، هەڵسوکەوتی بیرۆکراتییانە قەدەغە بکرێ و پەیوەندیی نێوان پێشمەرگەو لێپرساوەکانیان و نێوان پێشمەرگەو کۆمەڵانی خەڵکی توندوتۆڵتر بکرێ، ئەویش بەو پێیەی کە ئەمە پێویستییەکی ژیانییە بۆ پەرەپێدان و سەرخستنی هێزی شۆڕشگێڕی پێشمەرگە. لەم سەروبەندەشدا بڕیار درا خولی مەشق و راهێنان بۆ لێپرساوانی هێزی پێشمەرگە بکرێتەوەو بایەخێکی شایستە بە زیادکردنی چالاکی و رۆڵی رابەرە سیاسییەکان بدرێ بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی پێشمەرگە لەڕوی فیکری و سیاسی و جەستەییەوەو مەشق پێ کردنیان لەسەر رێوشوێنە مۆدێرنەکانی شەڕی پارتیزانی.

هەروەها چەردەیەك بڕیاری گرنگ بۆ چاککردنی باری دارایی و کارگێڕی و رێکخراوەیی و میدیایی دران، بڕیاریش درا مەکتەبە تایبەتمەندەکان هەڤاڵی دیکەیان بۆ زیاد بکرێ و دەسەڵاتەکانیشیان زیاد بکرێن. کۆبونەوە فراوانەکە سیاسەتی مەبدەئیی مەکتەبی سیاسیی لە بوارە کوردستانی و عەرەبی و نێودەوڵەتییەکاندا پەسند کردو ئەنجامە باشەکانی هەڵسەنگاندو لەم رووەوە جەختی کردە سەر پێویستیی درێژەپێدانی ئەم سیاسەتە بە هەر نرخێك بێت. هەر لەم سەروبەندەشدا پلانەکەی ناو راپۆرتی سکرتێری گشتی سەبارەت بە پتەوکردنی پەیوەندیی تێکۆشەرانەمان لەو بوارانەدا لەگەڵ هەموو هێزە

پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتەکەی خۆمان پەسند کرا، ئەویش بۆ دەرخستنی ڕوی گەش و ڕۆڵی مێژویی پێشکەوتنخوازانەو گرنگی جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکەی گەلی کورد کە لەسەر ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخوازی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی دەڕوا. بەشداربووانی کۆبونەوە فراوانەکە جەختیان کردە سەر پێویستی و گرنگیی درێژەپێدانی خەبات بە بێ وچان و بە چەشنێکی لێبڕاوانە بۆ پاك کردنەوەی کوردستان لە هەوڵە ئیمپریالیستی و زایۆنیستی و کۆنەپەرستییەکان بۆ بەکارهێنانی هەندێ دەستەی راستڕەو و خێڵەکیی کورد بۆ خزمەتکردنی نەخشەو پڕۆژەکانیان و بۆ تەگەرەدان لە دوبارەبونەوەی ئەو کارەساتەی کە سەرکردایەتیی خۆفرۆشی بارزانی بە سەر گەلی کوردو بزوتنەوە ڕزگاریخوازە ڕەواکەیدا هێناویەتی، کاتێك ئەو سەرکردایەتییە پەیوەندیی بە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزمی ئیسرائیل و کۆنەپەرستانی پەیمانی سەنتۆوە کرد، لەوانە ڕژێمی شای ئێران و ڕژێمی دیکەو بەم هۆیەوە جوڵانەوەی چەکداری کوردیشی لەگەڵ خۆیدا پەلکێش کرد. بۆیە خەبات دژی سەرکردایەتیی بارزانی، کە بە بەڵگەو دیکۆمێنتی جێی متمانەوە، نۆکەرایەتیی بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزم و ئیسرائیل و کۆنەپەرستە شاهنشاهییەکان سەلمێنراوە، بەشێکی پیرۆزی خەبات و تێکۆشانە لە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزم و کۆنەپەرستی چونکە هیچ خەباتێکی ڕاستەقینەو کاریگەر لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بە بێ خەبات لە دژی ستونی پێنجەم و دەستوپێوەندو پێگەکانیان (وەك لە ڕاپۆرتەکەی ئۆتس پایك دا بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا دەربارەی چەتەکانی بارزانی هاتووە) بەڕێوە ناچێ.

چەند دانیشتنێکیش بۆ ڕەخنەو دەربڕینی تێبینی و پێشنیار بە مەبەستی نەهێشتنی کەموکوڕی و هەڵە لە کارو دەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگە تەرخان کران و تێیدا بە گیانی ڕەخنەوانی و بەپێی پرنسیپی «چارەسەرکردنی نەخۆشی بۆ فریاکەوتنی نەخۆش» هەڵسوکەوت کرا و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کرا کە هەڵەیان کردووە و کەمتەرخەمییان نواندووە، ئەویش بۆ پەرەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەمان. هەروەها بۆ چاککردن و پێشخستنی دەزگاو لێپرساوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بۆ ئەوەی ئەو دەزگاو لێپرساوانە بتوانن بە چاکترین شێوە ڕۆڵ ببینن و ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، بڕیاری پێویست درا.

لەم سەروبەندەدا بڕیار درا ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی سێ ڕەوتەکە، فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕابەرە سیاسییەکان، لێپرساوانی لقەکان و چەند کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری شایستە پێك بهێنرێت بۆ ئەوەی ئەم ئەنجومەنە ئەرکی ڕێنمایی کردنی سەرکردەکان، داڕشتنی سیاسەتی گشتی، هەڵسەنگاندنی بڕیارو هاوپەیمانییەکان و سەرپەرشتی کردنی کاروبارو چالاکییەکانی شۆڕش بگرێتە ئەستۆو ڕۆڵی پەرلەمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بگێڕێت.

دوایین دانیشتنیش بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی لە ٢١ تێکۆشەرو هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی لە ٦ ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی تەرخان کرا، هەروەك بەڕێز جەلال تاڵەبانی بە سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرایەوەو بڕیار درا پەرەگرافەکانی ناو کاپشنی دووەمی هەردوو ڕۆژنامەی شەرارەو ڕێبازی نوێ

ھەموار بکرێنەوە بە جۆرێك کە گوزارشت بکەن لە خەباتمان لەپێناوی بەرەیەکی نیشتمانیی دیموکراتیدا بۆ روخاندنی رژێمی دیکتاتۆرو لەپێناوی وەدی ھێنانی سەربەخۆیی نیشتمانیی تەواو (لە ڕوی ئابوری و سیاسییەوە) و ھێنانە سەر کاری حوکمی ئیئتیلافی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز.

کۆبونەوە فراوانەکە بە وتەیەکی بەڕێز سکرتێری گشتی کۆتایی ھات کە تێیدا، بە کورتی، باسی قازانج و بایەخ و رۆڵی کۆبونەوەی فراوانی لە ژیانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ھێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەباتی گەلی کورددا کردو داوای لە ھەموو سەرکردەو کادیرو رێکخراو و یەکەکانی پێشمەرگە کرد بە شێوەیەکی توندوتۆڵ و تینبەخش روو بکەنە جۆشدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەو پەرەپێدانی چالاکییە چەکدارو جەماوەرییەکان، لەسەر رێبازی سیاسیی شۆڕشگێڕو عەسکەرییانەی یەکێتییەکەمان، رووەو خرۆشاندن و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵکی و خستنە گەڕی ھێزو توانایان لە نەبەردییەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا، بەرەو بەعیراقی کردنی شۆڕشەکەمان و دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی دیموکرات بۆ روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری نۆکەری ئیمپریالیزم و دوژمن بە گەلی عیراق و ھێنانە کایەی رژێمی ئیئتیلافی نیشتمانیی دیموکرات و بەدی ھێنانی سەربەخۆیی تەواو و دیموکراسی بۆ عیراقەکەمان و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بۆ کوردستانی عیراق بۆ ئەوەی عیراق بتوانێ رۆڵی ھەبێ لە شەڕی نەتەوەی سەرفرازی عەرەب دژی دەستدرێژیی زایۆنیستی ئیمپریالیستی، ئەو رۆڵەی کە رژێمی دیکتاتۆری خۆفرۆش، بە ئەنقەست، رێی لێ گرتووە و بەمەش خزمەتی زایۆنیزم و ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکات.

ئەم ریزە کۆبونەوە گرنگە کە لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا نمونەیان نیە، بە چاکترین شێوەو بە چەشنێکی زۆر سەرکەوتووانە ئەرکەکانیان بەجێ ھێناوە، یەکێتییە نیشتمانییە کوردستانییە یەکگرتوو و یەکڕیزو کۆڵنەدەرەکەی خەباتی شۆڕشگێڕانەکەی لەمەڕ خۆیشمان، بە پێداگرتنێکی زۆرترو بەھەست کردنێکی زۆرتر بە لێپرساوەتیی نیشتمانی، بەردەوام دەبێ لەسەر بەجێھێنانی رۆڵی مێژویی خۆی بە شێوەیەکی جوامێرانەو وەك دڵسۆزییەك بۆ گیان و پەیامی شەھیدە سەربەرزەکانمان، کە بە خوێنی پاکیان رێگای شۆڕش، رێگای سەروەری و سەرکەوتن و شەرەفیان بۆ رۆشن کردوینەتەوە، پشتبەست بە ھێزی داھێنەرانەی گەلەکەمان بە شێوەیەکی بنەڕەتی و بە ھاوخەباتی لەگەڵ ھەموو ھاوپەیمانەکانمان لە کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق و لیژنەی ھەماھەنگیی چوارقۆڵی، ھەم لە مەیدانی کوردستانیدا ھەم لە مەیدانی عەرەبیداو ھەم لە مەیدانی رۆژھەڵاتدا، لەگەڵ رێزو سوپاسدا بۆ ھەموو ئەوانەی کە، لە ناو کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراقداو لە دەرەوەی، یارمەتیی برایانەیان پێشکەش کردوین و بەمە، بە کردارو گوفتار، ساغیان کردۆتەوە کە دۆست و ھاوپەیمانی ئێمەن و دۆستی کاتی تەنگانەی گەلەکەمانن و بەم کردارەیان بونەتە مایەی سەقامگیرکردنی برایەتیی تێکۆشەرانەی کوردو عەرەب و قوڵکردنەوەی گیانی بەرخودانی شۆڕشگێڕانە لە دژی فاشیزمی دەسەڵاتدار کە دوژمنی کوردو عەرەب و تەواوی گەلانی رۆژھەڵاتە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکڕیزو تۆکمە، یەك بیرو یەك ویست و یەکگرتوو، لە کۆبونەوە فراوانەکەی سەرکردایەتییەکەی دەرچوو. شانازی بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی و قوربانیدانی سەختی خۆیەوە لەپێناوی خزمەتی گەل و نیشتماندا دەکا. ھەر ئەو خەبات و قوربانیدانەشە کە بۆتە

مایەی ئەوەی زۆریی گەلی کورد متمانەی پێ بکات. یەکێتی بەوەوە دەنازێ کە بە شێوەیەکی ڕەها دڵسۆزی ئەرکی خەباتە مێژوییەکەی و برایەتیی کوردو عەرەبەو لەو بڕوایەدایە کە ئەم برایەتییە بەردی بناغەی بەعیراقی کردنی شۆڕش و هێنانە کایەی بەرەیە. یەکێتی لەکاتێکدا کە لەو کۆبونەوە فراوانە دەرچووە، بەڵێن بە گەل دەداتەوە کە ناگۆڕێ، هەر ئەو تێکۆشەرە کۆڵنەدەرو نەبەزەیە کە بێوچان بەرپەرچی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی دەداتەوەو بۆ سەرخستنی مەسەلە ڕەواکەی گەل بێباکەو لەگەڵ تەواوی هێزە پێشکەوتنخوازەکان یەك دەگرێتەوەو پێکەوە، بەرەو عیراقێکی سەربەخۆ، کە گەلی عیراق لە ڕێی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیەوە حوکمی دەکات، هەنگاو دەنێین، عیراقێکی بێ فاشیزم و دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی کە تەواوی هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان تێیدا بە ماف و ئازادییە دیموکراتییەکان شاد دەبن و گەلی کوردیش ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینەی چنگ دەکەوێ، عیراقێکی بەهێزو بەتوانا کە لێی چاوەڕوان دەکرێ لە شەڕی نەتەوەی سەرفرازی عەرەبدا دژی شەڕانگێزیی زایۆنیستی- ئیمپریالیستی، بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین و خاکی عەرەب، ڕۆڵی مێژویی خۆی بگێڕێت، عیراقێکی گەشاوەی پێشکەوتوو کە گەلەکەی خێر لەو سەروەت و سامانە زۆرو زەوەندەی خۆی ببینێ کە تاقمی فەرمانڕەوای فاشیست تەخشان و پەخشانی دەکات، عیراقی کۆمەڵانی خەڵکی، عیراقی کوردو عەرەب.

ئیتر هەر بژی شۆڕش و نەمری بۆ شەهیدان.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٢٠ی ئازاری ١٩٨٠

سەرچاوە: شەرارە ئۆرگانی ناوەندیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خولی سێیەم ١٩٨٠-١٩٨١، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٤٥-٤٨ (بە زمانی عەرەبی ).

تێبینی: بەیاننامەکە بە زمانی عەرەبی لە لایەن تاڵەبانییەوە نوسراوە.

## ناوەندی بڕیار (ڕەوتی سیاسی)

ڕەوتێکی سیاسییە هەردوو جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆسرەت ڕەسول عەلی و دکتۆر بەرهەم ساڵح لە ١ی ئەیلولی ٢٠١٦ ڕایانگەیاندوە. پێکهێنانی ڕەوتەکە ڕەنگدانەوەو درێژەپێدانی قەیرانی ناتەبایی ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو کە بە شێوەیەکی تایبەت لە ساڵی ٢٠١٣ بە دواوە گەیشتبووە ئاستێکی کۆنترۆڵنەکراو.

لە سەرەتادا تەمومژێکی زۆر لەسەر ماهیەتی ڕەوتەکە هەبوو چونکە ڕاگەیاندنە نۆ خاڵییەکەی پێکهێنانی ڕەوتەکە دەستپێشخەریی دامەزراندنی ئۆرگانێکی تازەی کردبوو کە لەپەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جێی نەدەبۆوەو ئەلتەرناتیڤی بۆ دامەزراوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پەیدا کردبوو.

ڕەوتەکە لە ڕاگەیانراوەکەیدا هێرشی کردۆتە سەر گروپێکی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ناوی نەهێناوە بە «گروپێکی پاوانکار» ناوی بردووەو تۆمەتی ئەوەی خستۆتە پاڵ کە بۆتە مایەی ئەوەی یەکێتیی ببێتە «هێزێکی پەراوێزخراو و بێباك لە خواستی هاوولاتییان». ڕاگەیەنراوەکە هێرشی توندی کردۆتە سەر گروپەکە بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بۆ سەلماندنی تۆمەتەکان نەخستۆتە ڕوو. لە ڕاستیدا

تۆمەتەکان هەموو سنورێکیان بەزاندبوو بە ڕادەیەك کە ڕاگەیەنراوەکە ئۆباڵی بەشێکی زۆری کێشەکانی کوردستانی خستبوە ملی سیاسەتی «چەوتی» ئەو گروپەی کە بە«پاوانکار» ناوی بردبوو.

ڕاگەیەنراوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە «لێرە بە دواوە هیچ بڕیارێك... بە بڕیاری گشتگیری یەکێتی نازانرێت ئەگەر بێت و بە ئاگاداری و پەسندکردنی ئەم ناوەندی بڕیارەی یەکێتی نەبێت». وروژێنەرترین دەقی ناو راگەیەنراوەکە ئەو پەرەگرافەیە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیەکی بۆ بەکارهێنانی هێزی پێشمەرگە لە ململانێی سیاسیدا تێدا بەدی دەکرێ و تێیدا هاتووە کە«تا یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە هێزی نیشتمانیی حکومەتی هەرێم، تەواوی هێزە چەکدارەکانی یەکێتی دەخرێنە سەر فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەو لە لایەن ئەو فەرماندەییەوە سەرکردایەتی دەکرێن».

ڕاگەیەنراوەکەی باڵی ناوەندی بڕیار ترسی لەتبونی لە ناو جەماوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وروژاندو رەوشێکی مایەی نیگەرانیی هێنایە ئاراوە. لە بەرامبەردا، زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لەوانەی کە سەر بە باڵی ناوەندی بڕیار نەبون، لە ٢ی ئەیلولدا لە دەباشان کۆ بونەوەو رونکردنەوەیەکیان بە ناوی زۆرینەی مەکتەبی سیاسییەوە بڵاو کردەوە، تێیدا ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە «بەشێکی» ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی راگەیەنراوێکیان بڵاوکردۆتەوە کە بۆتە مایەی «نیگەرانییەکی زۆر» و تێیدا دان بە شەرعیەتی راگەیاندنی رەوتەکەدا نەنرا چونکە «راگەیاندنی هەر ئۆرگانێك یان ناوەندێك ئەگەر لە پەیرەوی ناوخۆدا پەسەند نەکرا بێ، لای زۆرینەی ئۆرگانە باڵاکانی یەکێتی بە هیچ چەشنێ شەرعیەتی نیە». رونکردنەوەکە پێشنیاری کرد ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجام بدا و سیاسەت و هەڵوێستی خۆی رابگەیەنێ. دەرچونی هەردوو راگەیەنراوەکە یەك لە دوای یەك، ئەو بۆچونەی لە شەقامدا چەسپاند کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەر دوو باڵدا دابەش بووە، یەکێکیان باڵی ناوەندی بڕیارەو ئەوی دیکە باڵی زۆرینەیە، لە میدیاکانیش لە کاتی روماڵ کردنی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتیدا ئەم دوو ناوە بەکار هێنران.

قەیرانەکە رێکخستنەکانی وروژاندو نیگەرانییەکی زۆری لەناویاندا دروست کرد. ئەو نیگەرانییەو ترس لە لەتبون، هانی دان فشار بخەنە سەر هەردوو گروپ بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ دوبەرەکییەکە. کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ راگەیەنراوێکی لەم بارەیەوە بڵاو کردەوەو داوای لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرد یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان «بپارێزن» چونکە یەکێتی «بە پاوانخوازی و یەکتر نەخوێندنەوە بەڕێوە ناچێت» و هیوای خواست هەموان پێکەوە یەکێتی «بەم هەورازە سەختەدا سەر بخەنەوەو بیگەیەننە شوێنە شیاوەکەی خۆی».

لە ڕۆژی سێیەمدا جموجوڵێکی فراوان بۆ بەربەست کردنی قەیرانەکە دەستی پێ کرد. لە٣ی ئەیلولدا هەر یەك لە جەعفەر شێخ مستەفا بەرزنجی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ٧٠ کە لەسەر باڵی ناوەندی بڕیار دەژمێردراو لاهور شێخ جەنگی بەرپرسی بەشی زانیاریی ئاژانسی پاراستن و زانیاری کە لەسەر باڵی زۆرینە دەژمێردراو مستەفا چاوڕەش بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەو رەسول عومەر لەتیف ناسراو بە وەستا رەسول ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لەگەڵ هێزەکانی ٧٠ کۆ بونەوەو دوای کۆبونەوەکە راگەیەنراوێکیان بڵاو کردەوە، تێیدا هەوڵیاندا نیگەرانییەکانی پەیوەند بە ئەگەری

بەکارهێنانی هێزی پێشمەرگە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکان بڕەوێننەوە. راگەیەنراوەکە جەختی کردە سەر ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە «لە هیچ ناکۆکی و ململانێیەکی ناوخۆی یەکێتی نابێتە لایەن» بەڵکو دەبێتە «هێزی فشار»و «رێگە بە هیچ کەس و لایەنێك نادات هەوڵی پەرت کردن و لاوازکردنی ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدات».

هەمان رۆژ، بۆ رەواندنەوەی ئەگەری پەرتبونی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، فراکسیۆنەکە بە ئامادەبونی هەموو ئەندامەکانی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی کۆ بوّوەو لە راگەیەنراوێکدا کە پاش کۆبونەوەکە بڵاو کرایەوە، جەخت لەسەر «چارەسەری کێشەکان بەجیددی و پاراستنی یەکڕیزیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» کرایەوە. ئەندامانی فراکسیۆن لەراگەیەنراوەکەدا هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەکرێن «لە ئایندەدا هەڵوێستی راشکاوانەو ئازادانەمان دەبێت»، هەروەك راگەیەنراوەکە جەختی کردە سەر چەند خاڵێکی گرنگ لەوانە پێویستیی ئەنجامدانی «چاکسازیی بنەڕەتی» و داوای بەستنی کۆنگرەشی کرد.

هەر لەو سەروبەندەشدا ئەنجومەنی ناوەند پاش تاوتوێ کردنی بارودۆخی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆمیسیۆنێکی لە هەشت ئەندام بۆ مشتومالّ کردنی دۆخەکە پێکهێنا.

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانەکەدا زۆر لایەن هەوڵەکانیان بۆ رێگرتن لە تەشەنە سەندنی ناکۆکییەکان خستە گەڕو هەردوو لایان هان دا هەستیاریی دۆخەکە لەبەرچاو بگرن و هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بنێن. لەم رووەوە شاندێکی ئێرانی کە لە شەش ئەندام پێکهاتبوو و باڵیۆزی ئێران لە عیراق ئەندام بوو تێیدا، لەگەڵ هەردوو باڵ کۆبۆوەو هانی دان لە رێی دایەلۆگەوە ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن. دواتر، شاندەکە لەگەڵ رێکخەری بزوتنەوەی گۆڕان نەوشیروان مستەفا کۆبۆوەو داوای لێ کرد یارمەتیی هەردولا بۆ گەیشتن بە چارەسەر بدات.

لە ٤ی ئەیلولدا سەرۆکی کۆماری عیراق دکتۆر فوئاد مەعسوم گەیشتە سلێمانی، پەیوەندیی بە هەردوو گروپەوە کردو داوای لێ کردن دەست بە دایەلۆگێکی بنیاتنەر بکەن. هەروەك بزوتنەوەی گۆڕان هەوڵێکی زۆری بۆ لێك نزیك کردنەوەی تێڕوانینی هەردولا دا و شاندێکی نێوەندگیری سەردانی هەردولای کرد. لەم سەروبەندەدا فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەیاننامەیەکی هاوسەنگی دەرکرد، تێیدا جەختی کردە سەر ئەوەی کە «بەشێك بوین و دەبین لە فشارەکان بۆ پاراستنی یەکڕیزی و یەکێتیی ناو یەکێتی».

لەو ماوەیەدا چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی، هەر یەك لە مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، ئەرسەلان بایزو عەدنان موفتی، لە دەستپێشخەرییەکی جوامێرانەدا، بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامبونی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی، بڕیاریان دا هەر کات یەکێ لە دوو گروپەکە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیی ئەنجام دا، ئەوان بەشداریی تێدا دەکەن.

لە ٥ی ئەیلولدا هەفتەنامەی «روداو» هەندێ وردەکاریی دەربارەی کۆبونەوەی نێوان شاندی ئێران و باڵی ناوەندی بڕیار بڵاوکردەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتیی گروپی ناوەندی بڕیار کە ناوی نەبرابوو، قسەی بۆ هەفتەنامەکە کردبوو، وتبووی «ئێران داوای کردبوو دوو رۆژ بەیاننامەکە (یەکەم راگەیەنراوی ناوەندی بڕیار) راگرین.... بەڵام نەکەوتینە ژێر هەژمونی ئێران». لەم سەروبەندەشدا

ئۆرگانە جەماوەرییەکانی سەر بە یەکێتی بەردەوام بون لەسەر فشارەکانیان بۆ هاندانی هەردوو باڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. لەم روەوە چوار ئۆرگان، هەر یەك لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، کۆمەڵەی پێشمەرگە کە مئەندامەکانی سەنگەر، کۆمەڵەی رێکخستنە دێرینەکان و کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان لە راگەیەنراوێکی هاوبەشدا داوای زەمینەسازییان بۆ بەستنی کۆنگرە کردو داوایان کرد تا ئەو کاتەی کۆنگرە دەبەسترێ، لیژنەیەکی باڵا کاروباری یەکێتی رایی بکات.

ساردو سڕیی نێوان هەردولا سەرەڕای نێوەندگیرییەکان هەر درێژەی کێشاو هەندێ جار لێدوانی توندی لێ کەوتەوە. لە ٦ی ئەیلولدا جەعفەر شێخ مستەفا قسەی بۆ بەشی کوردیی ئێزگەی «دەنگی ئەمریکا» کردو رایگەیاند کە کێشە لەسەر دارایی یەکێتی هەیە. لە بەرامبەردا، ئاریز عەبدوڵڵا لە باڵی زۆرینە لە ١٦ی ئەیلولدا لە لێدوانێکدا بۆ بەشی کوردیی ئێزگەی «دەنگی ئەمریکا» باڵی ناوەندی بڕیاری سەرزەنشت کردو وتی ناوەندی بڕیار لە ناو یەکێتی «لە ئێستاو لە پێشتریش مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتییە» نەك رەوتێکی سیاسیی دیاریکراو.

لە ٢٦ی ئەیلولدا شالاو عەلی عەسکەری وتەبێژی گروپی «ناوەندی بڕیار» لە چاوپێکەتنێکدا لەگەڵ سایتی خەندان هەندێ تیشکی خستە سەر شێوەی بیرکردنەوەی سەرکردەکانی گروپەکە، رونی کردەوە کە گروپەکە نیازی لەت کردنی یەکێتیی نیەو لەم رووەوە وتی «ئێمە کۆمەڵێکین بڕیارمان نەداوە بچینە دەرەوەی یەکێتی چونکە یەکێتی هی ئێمەیە»و ئەوەی رەت کردەوە کە ڕاگەیاندنی رەوتەکە دەبێتە هۆی لاوازکردنی یەکێتی بەڵام دانی بەوەدا نا کە ڕاگەیاندنی رەوتەکە «هیچی لە دۆخی یەکێتی نەگۆڕیوە». عەسکەری جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «نابێ بڕیار لە ناو یەکێتی بە بێ ئێمە بدرێ»و هەڕەشەی کرد کە «ئێمە کارتی زۆر بەهێزمان هەیە» بەڵام ئەوەشی وت کە باشترین کارت «ئەوەیە کە لە ناوخۆمان رێك بکەوین».

قەیرانەکە بووە مایەی دروست کردنی تەگەرە لە بەردەم بەستنی کۆبونەوەکانی گرنگترین دامەزراوەی جێبەجێ کردنی بڕیار لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دامەزراوەی مەکتەبی سیاسییە. سەرەڕای ئەمە، کاتێك مەکتەبی سیاسی لە٣ی تشرینی یەکەم لە سلێمانی بە ئامادەبونی زۆربەی ئەندامەکانی کۆ بۆوە، گروپی «ناوەندی بڕیار» کۆبونەوەکەی رەت کردەوە، هەرچەند پێشتر داوا لە ئەندامەکانی کرابوو ئامادەی کۆبونەوەکە بن. وتەبێژی گروپی «ناوەندی بڕیار» رەخنەی لە بەستنی کۆبونەکە گرت کە «بە بێ ئامادەبوونی جێگرانی سکرتێری گشتی و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی» بەستراوەو وتی ئەم هەنگاوە دەبێتە مایەی «پەراوێز خستن و پەرتەوازەیی زیاتر»ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

رۆژانی دواتر، بزوتنەوەی گۆڕان سەرەڕای بەردەوامبونی لەسەر هەوڵەکانی بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەردوو باڵ، دڵنیایی بە باڵی ناوەندی بڕیار دا کە بێلایەن دەبێ. لە ١٤ تشرینی یەکەمدا فەرید ئەسەسەرد لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سەتەلایتی K٢٤ نیگەرانیی لەوە دەربڕی کە دەشێ قەیرانی نێوان دوو گروپەکە کار بکاتە سەر جێبەجێ کردنی رێککەوتنی سیاسیی نێوان یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان.

لە ١٤ی تشرینی یەکەمدا، واتە یەك ڕۆژ پێش بەسترانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دکتۆر بەرهەم ساڵح لە چاوپێکەوتنێکدا لە ماڵپەڕی

شار پرێس بۆچونەکانی خۆی سەبارەت بە کێشەکان دەربڕی بەڵام نەچوە سەر باس کردنی ئەو کۆبونەوەیەی کە بڕیار بوو سبەی ببەسترێ. لە چاوپێکەوتنەکەدا دانی بەوەدا نا کە« کێشەکانی ناوخۆی یەکێتی بە ئاراستەی ئاڵۆزیی زیاتر ڕۆیشتوون» و وا پاکانەی بۆ دامەزراندنی ڕەوتی ناوەندی بڕیار هێنایەوە کە «ئێمە ناوەندی بڕیارمان ڕاگەیاند تا چارەسەری کێشەکانی پێ بکەین، هەوڵێکە بۆ دەربازکردنی یەکێتی لە گێژاو و پەرتەوازەیی، نەك کێشەکان قوڵ بکەینەوە».

سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانیش وتی «چارەسەر پێویستی بە بوێرییە»و ئەوەی دوبارە کردەوە کە یەکێتی پێویستی بە«کۆنگرەیەکی شەرعیی دیموکراتیی دوور لە تەزویرە»و داوای لە لایەنەکان کرد لە «بەشەخسەنە کردنی گرفتەکان» دور بکەونەوەو وتی «هەرگیز بە خۆمی ڕەوا نابینم هۆکاری لێکترازاندن و لەتبوونی یەکێتی بم، یان بکرێمە بیانووی پەرتەوازەیی نێومالّی کورد».

لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پاش سەرهەڵدانی قەیرانەکە، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی بەسترا. هەرچەند زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئامادەی کۆبونەوەکە بوون (٣٣ ئامادە و ١٨ نەهاتوو)، بەڵام لەبەر ئامادە نەبونی ئەندامانی گروپی ناوەندی بڕیار، کۆبونەوەکە وەك کۆبونەوەی باڵی زۆرینەی لێ هات. کۆبونەوەکە جەختی کردەوە سەر پشتگیری کردنی هەوڵەکانی هێورکردنەوەی دۆخەکەو لە کۆتاییدا ئامادەبووان کۆبونەوەکەیان بە کراوەیی هێشتەوە تا ئەو کاتەی ئەندامەکانی تری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەشداریی تێدا دەکەن. بە پێچەوانەی ئەوەی کە بڕیاری لێ درابوو، کۆبونەوەکە نەچوە سەر تاوتوێ کردنی مەسەلەی بەستنی کۆنگرەو بڕیاری دا مەسەلەکە «بۆ دوای سەرەنجامی هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی هەڤاڵانی ناو یەکێتی» دوا بخرێ و سەبارەت بە بەستنی کۆبونەوەی داهاتوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیار درا «بە سەرپەرشتیی بەڕێز جێگری سکرتێری گشتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول ئەنجام بدرێت».

لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا مەحمود سەنگاوی لە گروپی ناوەندی بڕیار لە لێدوانێکدا بۆ بەشی کوردیی ئێزگەی «دەنگی ئەمریکا» دژی کۆبونەوەکە قسەی کردو بە «ناشەرعی» ناوی بردو لە کۆششێکدا بۆ نیشاندانی ئەوەی کە هەوڵێك بۆ دەرپەڕاندنیان هەیە، وتی «ئێمە نەوشیروان مستەفا نین تا بە ئاسانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەجێ بهێڵین».

سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، گروپی ناوەندی بڕیار هیچ ئامادەبونێکی بۆ بەشداری کردن لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی نیشان نەدا و هەموو هەوڵەکانی لەم ڕووەوە پوچەڵ کردەوە. ئەم بایکۆت کردنە تا ڕادەیەکی زۆر، کاریگەریی لەسەر کۆبونەوەکانی سەرکردایەتیی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕانیش هەبوو. دواجار، پاش دەستپێشخەرییەکەی بارزانی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی دایەلۆگی نێوان لایەنەکانی پرۆسەی سیاسی و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هەر سێ سێکتەرەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بارودۆخێکی وا هاتە ئاراوە کە پێویست بوو سەرکردایەتیی هاوبەش بۆ تاوتوێ کردنی دەستپێشخەرییەکە کۆ ببێتەوە. ئەمەش دەرفەتی ئەوەی پێکهێنا کە نوێنەرانی هەردوو گروپەکەی یەکێتی، پێکەوە لەگەڵ نوێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕان دابنیشن. لە٥ی کانونی یەکەمی ٢٠١٦دا نوێنەرانی یەکێتی، هەر یەك لە ڕەفعەت

عەبدوڵڵا، عیماد ئەحمەد، هێرۆ برایم ئەحمەد، قادر حەمە جان و شالاّو کۆسرەت رەسول لەگەڵ شاندی بزوتنەوەی گۆڕان بە لێپرسراوەتیی عومەر سەید عەلی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کۆ بوونەوە. بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەم کۆبونەوەیە هیچ رۆڵێکی لە نزیك کردنەوەی هەردوو گروپدا نەبوە.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ بزاوتێکی دیپلۆماتکارانەی بنیاتنەر لە ناو یەکێتیدا بۆ چارەسەری کێشەکان دەستی پێ کردو ئومێدی ئەوەی لەسەر هەڵچنرا کە بتوانێ کێشەکە بە ئاڕاستەی چارەسەر ببا. لە١١ی شوباتدا کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی پاش پەکخرانێك بۆ نزیکەی شەش مانگ، دەستیان پێ کرایەوەو لە ٢٢ی شوباتی ٢٠١٧ یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بە ئامادەبونی ٤٢ ئەندام لە هەردوو گروپ لە سلێمانی بەسترا. پاش کۆبونەوەکە فەرید ئەسەسەرد لە لێدوانێکدا بە میدیاکانی راگەیاند کەکێشەی دوو باڵەکە چارەسەر کراوەو شتێك نەماوە ناوی باڵی زۆرینە و باڵی ناوەندی بڕیار بێ. بەڵام مەحمود سەنگاوی وەڵامی دایەوە کە باڵی ناوەندی بڕیار هەڵنەوەشاوەتەوە.

## پاشکۆی ژمارە ١

### دەقی راگەیەنراوی باڵی «ناوەندی بڕیار»

هەڤاڵانی دڵسۆزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە قارەمانەکان

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

لە کاتێکدا کوردستان گیرۆدەی قەیرانی هەمەلایەنەی سیاسی و ئابووری و هەڕەشەی داعش و ئەگەرەکانی گۆڕانکاریی رۆژهەڵات بۆتەوە، هاووڵاتییان بەدەست بێمووچەیی و برسیکردن و باری گرانی ژیان وگوزەران دەناڵێنن، لەم کاتەدا لەبری تەگبیرو هاوکاری بۆ چاکسازی و چارەسەری کێشەکان، یەکێتی لە سایەی گروپێکی پاوانکاردا لە هێزی تێکۆشەری خاوەن بەرنامەی ئاوەدانی و دادپەروەرییەوە کراوەتە هێزێکی پەراوێزخراو و بێباك لە خواستی هاووڵاتییان، بێباك لە تێکۆشەرانی خۆی و هاوپەیمانێتییەکانی لە تاریکی و سەفقەی ژێر بە ژێر بۆ تالاّنیی نەوت و هەڵلوشینی سەروەت و سامانی خەڵك و برسیکردنیان ئەنجام دەدرێن. بۆ رایی کردنی بەرژەوەندییەکانی ئەم گروپە، یەکێتی، خوێندنگەی جەنابی مام جەلال، بەهای وەرگرتنی بڕیاری سیاسیی لە هیچ ئۆرگانێکیدا بە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییشەوە بۆ نەهێڵدراوە.

تا ئێستا لەبەر حورمەتی جەنابی مام جەلال و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەو رێکخستنە دێرینەکان، کەمئەندامانی سەنگەرو زیندانیانی سیاسی، خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەپەرۆشیمان بۆ ئایندەی یەکێتی و رەچاوکردنی دۆخی سیاسیی کوردستان بەگشتی، نەمانویستووە ناکۆکییەکان تەشەنە بکەن و هەوڵمان داوە بە هێمنی و دوور لە گرژی و دابڕان کار بکەین بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام مەخابن لە دوای ئەم هەموو پشوو درێژی و خۆڕاگرتنە، سەرباری هەوڵی دۆستانی ناوخۆو دەرەوەش، دەبینین هەتا دێت ئەم گروپە پاوانکارەی یەکێتی، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەشداریی زیاتر دەکات لە کۆمەڵێ سیاسەتی چەوت، بۆ بەتاڵانبردنی سامانی گشتی و بڕینی مووچەی فەرمانبەران و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەو ئیزدواجیەتەوە هەوڵی چەواشەکردنی خەڵك و رای گشتی دەدا، لە هەولێر بەشداری

حکومەت و سیاسەت و «شیرینی»ی نەوت و بڕیارەکانە، لە سلێمانیش ناڕازی و ڕەخنەگرە.

لە ئاستی نێوخۆی حیزبیش هەتا دێت شیرازەی ئۆرگانەکان دەپچڕێ و پشێوی و بێسەروبەری و بێدادی و دەستەمۆکردنی کادیرو پەراوێز خستنی ئۆرگانەکانی یەکێتی و پێشێلکردنی پەیڕەو و پیلانگێڕی بۆ تەزویرکردنی کۆنگرەو زەوتکردنی ئیرادەی ئەندامی ڕەسەنی یەکێتی فراوانتر دەبێ و خزم و کەسوکاری خۆیان بێ ڕەچاوکردنی سروشت و شوناسی یەکێتی دەخزێننە ناو کایەی کاری حزبی و حوکمرانی و هەوڵی دەرپەڕاندنی کادیرە دڵسۆزەکان دەدەن. بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەرامە چەوت و بەرژەوەندخوازەشیان بەبێباکی ناوی مام جەلال و پێگەو ڕێزی ئەو بەکار دێنن.

سەرباری هەموو ئەمانەش، لە وەڵامی پشوودرێژی و هەوڵی بێپسانەوەی ئێمەدا، گروپی پاوانکار لە ماوەی رابردوودا سەرکردایەتی و ئۆرگانی سێبەریان لە سەرجەم ناوچەکان دروستکردووە بۆ بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی یەکێتی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و پیلانگێڕی بۆ لەباربردنی ئیرادەی ئەندامانی ڕەسەن و پەراوێز خستنی پێگە شەرعییەکانی یەکێتی.

بۆیە، ئێمەی پەیڕەوانی ڕێبازی مام جەلال، دڵسۆزانی یەکێتی، چیتر ناکرێ بێدەنگ بین لە پەیڕەوشکێنی و بنکۆڵکردنی حیزبی و پەراوێزخستنی یەکێتی لە ئاستی ناوچەکەو پەردەپۆشکردنی قەیرانەکانی، ناکرێ چیتر لێگەڕێین خەباتی ٤١ ساڵەی یەکێتی ئاوا بە دەستی ئەم گروپە دژ بە ئاراستەی چەپکە گوڵەکەی مام جەلال بەرن و یەکێتی لە هێزێکی شۆڕشگێڕی داکۆکیکاری بەرژەوەندیی خەڵکەوە بکەنە حیزبی بنەماڵە و بەشداربووی تاڵانی سامانی وڵات و بڕینی مووچەو نانی خەڵك. ئێستاش ئێمە هەر لایەنگیری چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی یەکێتین بە ئاراستەی بەرژەوەندیی یەکڕیزیی یەکێتی و خۆسازدانەوەی بە تیژی چەپکە گوڵەکەی جەنابی مام جەلال و کاراکردنی بڕیاری بوێر و دڵسۆزانەی یەکێتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بژێوی خەڵك و دابینکردنی مووچەو ڕێگرتن لە بەتاڵانبردنی سامانی وڵات و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و پاوانکردنی بازاڕ، بۆ چارەسەری راستەقینەی باری چەقبەستووی سیاسیی هەرێم، بە کێشەی دەستوور و سەرۆکایەتیی هەرێمیشەوە، بەرێزگرتن لە دامەزراوە دیموکراتی و شەرعییەکان، بەتایبەتییش پەرلەمانی کوردستان. هەر لێرەشەوە دوپاتی دەکەینەوە کە ئێمە خۆمان لە هەڵەو کەموکورتییەکان بێبەری ناکەین، بەڵکو هەر یەکەمان بە پێگەو کرداری خۆمان، زۆر یان کەم، پشکی بەرپرسیارێتیی ئەم دۆخەمان لەسەر شانەو خۆمانی لێ بێبەری ناکەین، بەڵام لێرەدا مەبەستمانە تەگبیر لە ئێستاو ئاینده بکەین بە دامەزراندنی ناوەندی شەرعیی بڕیاری یەکێتی و بەشداریی کارا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك. لەپێناوی یەکێتی و پارێزگاری لە سەروەرییەکانی و لە پەرۆشیمان بۆ پێشمەرگە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و بۆ هاوکاری لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك، بڕیارمان دا ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکەین:

١- تا یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی بەڕێوەبردنی یەکێتی، لە ڕێگەی کۆنگرەیەکی شەرعیی دوور لە تەزویرو دەستێوەردانی دەزگا ئەمنییەکان، ئێمە ناوەندی بڕیار لە نێو یەکێتی رادەگەیەنین. بۆیە لێرە بە دواوە، هیچ بڕیارێك، چ لەناوخۆی حیزب یا بۆ دەرەوەی حیزب، بە بڕیاری گشتگیری یەکێتی نازانرێت گەر بێت و بە ئاگاداری و پەسەندکردنی ئەم ناوەندەی بڕیاری یەکێتی نەبێت، بە پێچەوانەوە بۆ ناوخۆی یەکێتی و دەرەوەو بۆ ڕای گشتی،

ناشەرعیبوونی ئەو بڕیارو سیاسەتانە رادەگەیەنین.

٢- تا یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە هێزی نیشتمانیی حکومەتی هەرێم، تەواوی هێزە چەکدارەکانی یەکێتی دەخرێنەوە سەر فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەو لە لایەن ئەو فەرماندەییەوە سەرکردایەتی دەکرێن. لە سایەی خەبات و خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەمڕۆ کەرامەت و ئاسایشی گەلی کوردستان پارێزراوە، بۆیە ئەرکی سەرشانمانە بەهەموو تواناماناوە هاوکاری چاککردنی باری گوزەرانی هێزی پێشمەرگە بین.

٣- زەمینەسازی بۆ کۆنگرەیەکی شەرعی و بێخەوش و دوور لە تەزویر، هەروەها رەتکردنەوەی ئەو بڕیارو رێوشوێنانەی کە بونەتە مایەی شێواندن و قۆرخکردنی ئۆرگانەکانی یەکێتی و دەستەمۆکردنی کادیرو پەراوێز خستنی تێکۆشەرانی رەسەنی یەکێتی و بە ئامانجی سازدانی یەکێتی بۆ ئایندەو نوێبوونەوەی و بەشدارپێکردنی کارای ژنان و لاوان لە ناوەندەکانی بڕیار.

٤- دارایی یەکێتی، لە هەر کوێیەك بێت لە دامەزراوەی شەرعیی خۆی، کە مەکتەبی داراییە کۆ دەکەینەوەو بە شێوەیەکی شەفافانە لەپێناوی بەرژەوەندییە گشتییەکانی یەکێتیو ئۆرگانەکانی بەکار دەهێنرێت.

٥- پابەندبوون بە جێبەجێکردنی رێککەوتنی نێوان یەکێتیو بزوتنەوەی گۆڕان و پەرەپێدانی ئەو رێککەوتنە بە کردارو بە ئاراستەی یەکخستنەوەو یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوسەنگەرانی رابردوومان و سازدانی تواناکانمان بۆ چاکسازی و یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد.

٦- رێککەوتنی یەکێتی و پارتی دیموکراتی کوردستان هۆکاری تێپەڕاندنی قۆناغی شەڕی ناوخۆ بوو و هەوێنی دەستکەوتی گەورە بوو بۆ گەلی کوردستان. ئەمڕۆ بێگومان پەیوەندیی نێوان یەکێتی و پارتی گرنگەو کاریگەریی لەسەر رەوشی سیاسی و ئەمنیی کوردستان هەیە. بۆیە لەپێناوی پاراستنی یەکڕیزیی گەل و یەکبوونی حوکمڕانیی کوردستان، لەپێناوی ئارامی و ئاسایشی گشتی، پێویستە پێداچونەوە بەم پەیوەندییەدا بکەین بە ئاراستەی هاوسەنگی و دەربازبوون لە دۆخی چەقبەستووی ئێستای هەرێم و پێکهاتنی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان.

٧- حکومەتی هەرێم ئێستا گیرۆدەی قەیران لە دوای قەیرانە، بۆیە پێویستە پێداچونەوەی بنەڕەتی بە پێکهاتەو سیاسەتەکانیدا بکرێت بۆ چارەسەری کێشەی گوزەران و مووچەی خەڵك و گێڕانەوەی متمانەی هاوولاتییان و رەچاوکردنی شەفافیەتی راستەقینە لە بواری داهات و خەرجیدا، بەتایبەتی لە بواری نەوت بە هەموو قۆناغەکانییەوە.

٨- پابەندبوون بە مافی چارەی خۆنوسین و رێزگرتن لە بڕیاری گەل بە ئاراستەی بەدیهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دوور لە کێبڕکێی حزبی و سیاسی.

٩-هەوڵی جیددی بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ بەغدا و گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان و دورکەوتنەوە لە سیاسەتی دابەشکردنی کوردستان بەسەر ئەجێندای بەرنامەی وڵاتانی ئیقلیمی و جیهاندا.

لێرەشەوە رایدەگەیەنین کە لەم ناوەندەوە کار دەکەین لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بەدیهێنانی هاوپەیمانییەکی فراوان لەپێناوی دیموکراسی و دادپەروەری و لەپێناوی بەرەودان بە بەرنامەیەکی چاکسازیی هەمەلایەنە بۆ چارەسەری بنەڕەتیی قەیرانەکانی سیستمی

سیاسی و حوکمڕانی و ئابووریی هەرێم و پەیاممان ئاراستەی ئەندام و جەماوەری دڵسۆزی یەکێتی و سەرجەم ئۆرگانەکانی، لە مەکتەب و مەڵبەند و دەزگاکانی یەکێتی، فراکسیۆنەکانی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان، کەسوکاری شەهیدان کردووە کە دوور لەگرژی پشتیوانیی دیموکراتی و ڕێکخراوەیی ئەم ناوەندە بکەن بۆ یەکێتی، بۆ بوژاندنەوەی یەکێتی، بۆ پارێزگاریی چەپکە گوڵەکەی جەنابی مام جەلال و چارەسەرکردنی قەیران و ئاریشەکان کە بونەتە مایەی بارگرانی بۆ سەر شانی ئێوەو تەواوی هاووڵاتییان.
دووپاتی دەکەینەوە، ئەم کارو بەرنامەیەمان بۆ ناو یەکێتییە، لەپێناوی یەکێتییە بەرەو کۆنگرەیەکی شەرعیی دوور لە تەزویر، کۆنگرەی نوێنەرایەتیی یەکێتییە رەسەنەکان، پەیڕەوانی ڕێبازەکەی مام جەلال.

هاووڵاتییانی کوردستان

لەپێناوی چارەسەری بنەڕەتیی قەیران و کێشەکانی ئێوە پشتیوانی لەم هەنگاوەی ئێمە بکەن، ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە کە جگە لە بەرژەوەندیی ئێوەو قوتی ماڵ و منداڵ و گوزەران و کەرامەتی ئێوە هیچ مەبەست و ویستێکی ترمان نییە، کە بە هۆی سیاسەتی هەڵەو چەواشەکاری و پەردە پۆشیی قەیران لە دوای قەیران، ئێوە نەك هەر لە ئایندە، بەڵکو لە مووچەی مانگانەی خۆشتان دوودڵـن، لە سایەی ئەم سیاسەت و سیستمی حوکمڕانییە کە لەگەندەڵی و خراپەکاری بەڕونی تێوەگلاوە، نەك خەریکە دەرفەتەکان، بەڵکو دەستکەوتەکانی ئێستاشمان دەکەونە بەردەم مەترسی. بۆ کۆتایی هێنان بەم ناعەدالەتی و دڵەڕاوکێیە پشتیوانی بەرنامەو پرۆژەی ئێمە بن.

ناوەندی بڕیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٦/٩/١

## پاشکۆی ژمارە٢

### رونکردنەوەیەك لە زۆرینەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە ئۆرگان و هەڤاڵانی یەکێتی! کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگەو رای گشتیی کوردستان!

دۆستانی یەکێتی و پشتیوانانی کوردستان!
دوێنێ (٢٠١٦/٩/١) هاوکاتی گەڕانەوەی رابەرمان مام جەلال، لە چارەسەرێکی دڵخۆشکەرەدا، هەروەها لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگە شکۆمەندانە بەرگری لە کوردستان دەکات و پۆل پۆل شەهیدان بەرەو کاروانی نەمری بەڕێ دەکرێن، لە بارودۆخێکدا رووداوی نالەباری ئیقلیمی و سیناریۆی مەترسیداری جۆراوجۆر لە ناوچەکەدا بەرامبەر کێشەی رەوای نەتەوەکەمان دەگوزەرێ، هەموو ئەمانەش لە ناو هەلومەرجێکی سەختی قەیرانی ئابوریدا، کە تەنگی بە ژیانی هاووڵاتی و بوارەکانی ئابوری و بازاڕ هەڵچنیوە، زۆر بە داخەوە بەشێکی هەڤاڵانی سەرکردایەتیی یەکێتی، راگەیەندراوێکیان بە ناوی «ناوەندی بڕیار» بڵاوکردەوەو هەڵوێستەکەشیان نیگەرانییەکی زۆری هێناوەتە ئاراوە.
هەڤاڵانی یەکێتی، لە کوردستان و عیراق و هەندەراندا!
بۆ ئەوەی گەلەکەمان و هێزە سیاسییەکان، وەکو رونکردنەوەیەکی سەرەتایی لە هەڵوێستی شەرعی و رەسمیی یەکێتیی ئاگادار بکەینەوە، زۆرینەی مەکتەبی سیاسی، لە کۆبونەوەیەکی نائاسایی تاوتوێکردنی پەرۆش بۆ چارەسەری کێشەکان، کە زۆرینەی سەرکردایەتیی یەکێتی و زۆرینەی

ڕەهای ئەنجومەنی ناوەند، هەمان هەڵوێستیان هەیە، ڕایدەگەیەنین، کەوا:

یەکەم: ڕاگەیاندنی هەر ئۆرگانێك، یان ناوەندێك، لە پەیڕەوی ناوخۆدا پەسەند نەکرابێ، لای زۆرینەی ئۆرگانە باڵاکانی یەکێتی، بە هیچ چەشنێ، شەرعییەتی نییە.

دووەم: بابەتی هەستیاری ئاوهای بەشێکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کە ڕاگەیەندراوە، دوور و نزیك، لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتی باس نەکراوە، هەروەها ڕەزامەندیی ئەنجومەنی ناوەندیشی لەسەر وەرنەگیراوە. تەنانەت داوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، یاخود پلینۆمی کتوپڕیش، بۆ باسکردنی پرسێکی ئاوەها، نەکراوە. بۆیە:

بەم ڕونکردنەوە سەرەتاییە، ڕایدەگەیەنین کە وا دوای هەوڵێکی بەرپرسیارانە بۆ ئارام ڕاگرتنی دۆخی ناو یەکێتی و دۆزینەوەی چارەسەری ڕاستەقینە لەسەر بنەمای پەیڕەوی ناوخۆ، بەم زوانە ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدات و دوا سیاسەت و هەڵوێستی یەکێتی ڕادەگەیەنین.

چاوەڕوانیشین، تەواوی هەڤاڵانی سەرکردایەتی، بەدەم بانگەوازی چارەسەری ڕاستەقینەمانەوە بێن، دڵنیاشین لە دوا سەرەنجامدا، یەکێتی سەرکەش و سەرکەوتوو، لە مەیدانەکەدا درێژە بە خەباتی دیموکراتی و عەدالەتخوازی دەدات. هەروەکو مام جەلالیش فەرمویەتی: سەفین لە بن بێ، یەکێتی لە بن نایەت.

زۆرینەی مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٦/٩/٢

## پاشکۆی ژمارە ٣

## ڕاگەیەندراوی هێزەکانی ٧٠

سەعات ١٠ی بەیانی ڕۆژی ٣ی ئەیلولی ٢٠١٦ شێخ جەعفەر شێخ مستەفا فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ٧٠ بە ئامادەبوونی مستەفا چاوڕەش بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەڵ سەرجەم فەرماندەی یەکەکانی هێزی ٧٠ و دژە تیرۆرو بەرگری و فریاکەوتن و پۆلیسی پاسەوانی سنوورو پۆلیسی پاسەوانی کارەباو پۆلیسی پاسەوانی نەوت و گازو لیوای تایبەتی سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال، کە ئێستا لە سەنگەرەکانی بەرگریدان دژی تیرۆریستانی داعش.

بە کۆی دەنگ ئەم بڵاوکراوەیەی ڕاگەیاند:

١-هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی پارێزەری گەل و خاکی کوردستانە و هەوێنی پاراستنی یەکریزیی
گشت لایەن و پێکهاتەکانی کوردستانە.

٢-هێزی پێشمەرگەی هێزەکانی ٧٠ لە هیچ ناکۆکی و ململانێی ناوخۆی یەکێتی نابێتە لایەن، بەڵکو هێزی فشار دەبێ بۆ چەسپاندنی یەکێتیی ناو یەکێتی.

٣-هێزی پێشمەرگەی هێزەکانی ٧٠ خۆی بە میراتگری خوێن و خەباتی شەهیدان و درێژەپێدەری ڕێبازەکەیان و خوێندنگەکەی هەڤاڵ مام جەلال دەزانێت، بە هیچ جۆرێك ڕێگە بە هیچ کەس و لایەنێك نادات هەوڵ بدات بۆ پەرتکردن و لاوازکردنی ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ڕاگەیاندنی هێزەکانی ٧٠
٢٠١٦/٩/٣

## پاشکۆی ژمارە ٤

### نامەی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ

دیارە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بۆ هەماهەنگی و یەکڕیزیی بیروباوەڕو بۆچوونە جیاوازەکان بووە ، هەر بۆیە ناو نرا «یەکێتی».

سەرکردەیەکی بلیمەت و خاوەن کاریزمای وەك جەنابی مام جەلال توانی بیرورِا جیاوازەکان لە بازنەیەکی پتەوی لەشکان نەهاتوودا کۆ بکاتەوە. ئێستا هەمومان بڕوامان بە ڕاستیی خەباتی مام هەیەو بۆ تەواوکردنی پەیامەکەی خەبات دەکەین. بۆچی بە دەستی خۆمان ئاراستەکە بگۆڕین و هەڤاڵ و دۆستانمان نائومێد و ڕەشبین بکەین؟

یەکێتییەك لە شاخ پێشەنگ و لە شار داهێنەر، مێژوویەکی پڕ لە سەروەریی بۆ خۆی تۆمار کردوە، یەکێتییەك کە دۆست و دوژمن گەواهیی سەروەریەکانیەتی، یەکێتییەك تەنانەت لە ئەنجامدانی چالاکی و داستانەکانیدا لە هەر تیپێك کەرتێك و لەهەر کەرتێك مەفرەزەیەك کۆ دەبوونەوەو چالاکیی هاوبەشیان ئەنجام دەدا.

ئێستا بۆ بە دەستی خۆتان دەریا بۆ جۆگەلە بچوك دەکەنەوەو چیای سەرکەشی یەکێتی دەکەنە گردۆڵکەیەکی بچوك. ئێوە بە هەموو باڵەکانتانەوە یەك جەستەن، بۆ نابنەوە بە چەپکە گوڵەکەی مام؟

هەر هەموتان کەمتان بۆ یەکێتی نەکردوە، هەموو تەمەنتان لە یەکێتیدا بەسەر بردوە. ئێستا بۆ کەس کەس ناخوێنێتەوە؟ بەم کردارەتان یەکێتی بچوك دەکەنەوە دوژمن قەبەتر دەکەن.

ئێمە وەك مامۆستایانی شۆڕشی نوێ کە لە شاخ و شاریش هاوسەنگەر و هاوخەباتتان بووین، داواتان لێدەکەین لەبەر خاتری خوێنی شەهیدان ئەو یەکێتییە بپارێزن کە ئەوان گیانی خۆیان لەپێناویدا بەخشیوەو ئێوەش تەمەنی گەنجێتیتان. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێویستی بە هەموتانە، یەکێتی بە پاوان خوازی و یەکتر نەخوێندنەوە بەرێوە ناچێت، بەڵکو دەبێت چەپکە گوڵەکە بن و هەموو پێکەوە یەکێتی بەم هەورازە سەختەدا سەر بخەنەوەو بیگەیەنەوە شوێنە شیاوەکەی خۆی.

تەنها پەنجەیەك هیچی پێناکرێ
کەکردت بە پێنج چی بەرگەی ئەگرێ؟
مشتەکۆڵ ئەبێ و ناودەم ئەشکێنێ
رەگی پەنا گوێی دوژمن ئەپسێنێ
کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ
لیژنەی باڵا
**٢٠١٦/٩/٢**

## پاشکۆی ژمارە ٥

### ڕاگەیەندراوی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان

هەڤاڵانی دڵسۆزی یەکێتی
کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

ئەمرۆ (٢٠١٦/٩/٣) فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی کۆبۆوە. لە کۆبوونەوەکەدا فراکسیۆن تەئکیدی کردەوە لەسەر چارەسەری کێشەکان بە جیددی و پاراستنی یەکڕیزیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر بنەمای ڕێکخستنەوەو پاراستنی شوناسی یەکێتی و جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری فراکسیۆن کە بەرنامەی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

فراكسیۆن بەدیهێنەرو جێبەجێكاری خواستی سەرجەم دەنگدەرانییەتی بە بێ جیاوازی و ئێمە چاوەڕێی چارەسەرو ڕێككەوتنی بەپەلەو جیددین. بە پێچەوانەوە لە ئایندەدا هەڵوێستی راشكاوانەو ئازادانەمان لەم بارەیەوە دەبێت. لەم پێناوەشدا بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری یەكێتی جەخت لەسەر پێویستیی چاكسازیی بنەڕەتی و پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی دەكەینەوە و بەستنی كۆنگرەش بۆ چارەسەری كێشەكانی قۆناغی ئێستا بە پێویست دەزانین.

فراكسیۆنی یەكێتی لە پەرلەمانی كوردستان
٢٠١٦/٩/٣

## پاشكۆی ژمارە ٦

## چاوپێكەوتنی بەرهەم ساڵح
## لەگەڵ سایتی شار پرێس

بەرهەم ساڵح جێگری سكرتێری گشتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە چاوپێكەوتنێكی تایبەتی شارپرێس دا بۆچوونی خۆی لەبارەی كێشەكانی ناوخۆی یەكێتی و شێوازی چارەسەریان دەخاتە روو.

شارپرێس: رۆژ بەڕۆژ كێشەكانی ناو یەكێتی قوڵتر دەبنەوە، بەشێك لەو كێشانە پەیوەستن بە ڕاگەیاندنی ئەو ناوەندەوە كە لەم دواییانە ئێوە راتان گەیاند (ناوەندی بڕیار)، ئێستا ئێوە ئاسۆی چارەسەری كێشەكان چۆن دەبینن؟

بەرهەم ساڵح: بە داخەوە كێشەكانی ناوخۆی یەكێتی بە ئاراستەی ئاڵۆزیی زیاتر رۆیشتووە. ئێمە ناوەندی بڕیارمان راگەیاند تا چارەسەری كێشەكانی پێ بكەین، هەوڵێكە بۆ دەربازكردنی یەكێتی لە گێژاو و پەرتەوازەیی، نەك كێشەكان قوڵ بكەینەوە، چونكە لە هەلومەرجێكی وادا كێشەكانی یەكێتی ڕەنگدانەوەی راستەوخۆی لەسەر ڕەوشی سیاسیی كوردستان دروست كردووەو بۆتە هۆكارێكیش بۆ بەردەوامبوونی ئاریشەی بژێویی خەڵك. بۆیە مەبەستمان لە هەنگاوەكان چارەسەری ئەم كێشانەیە، بە جۆرێك بە ئاراستەی خزمەتی بەرژەوەندیی خەڵك بێت و پێویستە روون و ئاشكرا بێت، پەردەپۆشكردنی كێشەكان بەزیانی یەكێتیی ناو یەكێتییەو كاریگەریی خراپی لەسەر رەوشی سیاسیی كوردستان و ژیان و گوزەرانی خەڵك هەیە. رەنگە بەم جۆرە بتوانرێت لە ڕێگەی پۆست و ئیمتیازەوە هەندێك لە كادیرو ئەندامانی ناو یەكێتی بۆ ماوەیەك رازی بكرێن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە بە مانای چارەسەر نییەو لە ئاست خواستی زۆرینەو ئەو هەموو قوربانییە نییە كەیەكێتی لە رابردودا داویەتی.

شارپرێس: ئەی بە ڕای ئێوە چارەسەر چییە؟

بەرهەم ساڵح: لە ڕاستیدا چارەسەر پێویستی بە بوێری هەیە بۆ راستكردنەوەی هەڵەكانی پێشوو، پێویستی بەوە هەیە ئیرادەیەكی یەكێتییانە بخەینە گەڕ بۆ كۆتایی هێنان بە پەرتەوازەیی بڕیارو نەهێشتنی پاوانكاری و گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ دامەزراوەو ئۆرگانەكانی یەكێتی، لێرەشەوە دەتوانین باس لە ئامانجە گەورەكە بكەین كە یەكێتی بۆ خزمەتكردنی خەڵكی كوردستانەو دەبێ هێندە كاریگەری و سەنگی هەبێت بۆ هێنانە كایەی حوكمڕانییەكی تەندروست و باشتر لە ئێستا.

یەكێتی پێویستی بە كۆنگرەیەكی شەرعیی دیموكراتی دوور لە تەزویرە، ئەمەش پێویستی بە ئاسایی كردنەوەی باری ڕێكخراوەیی یەكێتییە، بە پەیڕەوكردنی ناوەندی بڕیاری سەلمێنراو بۆ قۆناغی ئاسایی كردنەوەو بەتایبەتییش هاوسەنگی لە بەڕێوەبردن و بەرپرسیارێتیی جومگەكانی دەسەڵاتی حیزبی و حكومی. ناكرێت ئێمە سڵ بكەینەوە لە

سڕینەوەی شوێنەواری ئەو بڕیارانەی پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ دراون، لەوانەش بێلایەنکردنی دەزگا ئەمنییەکان لە کاروباری حیزبی و بەڕێوەچوونی کۆنگرە، دیارە گرنگیشە پاکنووسکردنی تۆماری راستەقینەی ئەندامان هەبێت.

شارپرێس: بەڵام دەوترێت بەشێکی کێشەکان پەیوەستن بە بابەتی شەخسییەوە، لایەنی بەرامبەرتان جەخت لەسەر دوورخستنەوەی تۆ دەکەنەوە وەك پێشمەرجی چارەسەر؟

بەرهەم ساڵح: بۆ خۆم و هاوڕێکانم دەرگای گفتوگۆمان کراوەیە بە ئامانجی رێککەوتنێکی راست و دروست دوور لە پەردەپۆشکردن و پینەو پەڕۆکردن، پێشتریش زۆر جار لە ناو یەکێتی لێکدانەوەی وا کراوە کە کێشەکان بە عەلاگەی کەسێکدا یان گروپێکدا هەڵواسراوە، بەڵام زۆری نەبردوە کێشەکان لە شوێنێکی ترەوە سەریان هەڵداوەتەوە، بۆیە ئەگەر بە ڕاستی دەمانەوێت بە ئاراستەی بوژاندنەوەی یەکێتی و خزمەتی خەڵکی کوردستان کار بکەین، پێویستە دور بکەوینە لە بەشەخسەنەکردنی گرفتەکان.

کورد لە ساڵی ١٩٦٤ەوە گیرۆدەی چەندین ئینشقاق و لێکترازانی جۆراوجۆر بووە، ئەوانەش لە مەینەتی بەولاوە بۆ کورد هیچی لێ نەکەوتۆتەوە. بۆیە یەکڕیزیی یەکێتی لەم کاتەدا کە ناوچەکە لەئاڵوگۆڕی گەورەدایە، یانی یەکڕیزیی گەلی کوردستان و رەخساندنی بوار تا یەکێتی رۆڵی گەورەو شایستەتر ببینێت. لای من ئەوە گرنگەو بۆیە لەو پێناوەشدا زۆر پشوودرێژ بووم. پاوانکاریی نێو یەکێتی و تێوەگلانی لە کۆمەڵێك سیاسەتی چەوتی حوکمڕانیی زیانبەخش بە بەرژەوەندی و قووتی خەڵك، بۆتە مایەی لاواز بوونی پێگەی یەکێتی و بگرە سەرتاپای حوکمڕانیی خۆبەخۆی کورد. لە١٩٧٦ەوە بێ دابڕان ئەندامی یەکێتی بووم و شانازی بە

مێژووی پڕ سەروەریی یەکێتیشەوە دەکەم و مەبەستمە یەکێتی پێشڕەوی چاکسازی و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بێت، هێزی نوێخوازو ئایندە بێت، لەم پێناوەشدا بە دڵنیاییەوە ئامادەی هەموو لەخۆبوردنێکم بۆ چارەسەرو دەربازکردنی یەکێتی لەم دۆخە ناجۆرەو بوژاندنەوەی بۆ خزمەتی خەڵك. دەمێکە بە هەمووانم راگەیاندووە فەرموون با باشی بکەین، فەرموون با چاکی بکەن، نەك رێگر نابم بگرە پشتیوان و هاوکاریش دەبم، هەرگیز بە خۆمی رەوا نابینم هۆکاری لێکترازان و لەتبوونی یەکێتی بم، یان بکرێمە بیانووی پەرتەوازەیی نێوماڵی کورد. پێداگریی من لەسەر ئاڕاستەی حوکمڕانیی تەندروست و خزمەتی خەڵکە نەك پلەو پایە، بە دڵنیاییەوە من ئامادەم بۆ هەموو لەخۆبوردنێك لە ئاست بەرژەوەندیی یەکێتی و خەڵکی کوردستان. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا بە ڕاستی ئێمە کێشەی شەخسیمان هەیە یان کێشەی ئیدارەو چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی حیزب و پەیڕەوکردنی سیاسەتی چەوت و هەڵە.

٢٠١٦/١٠/١٤

## پاشکۆی ژمارە ٧

## راگەیەندراوی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

گەلی خۆڕاگری کوردستان
هەڤاڵانی یەکێتی

لە دۆخێکی سەختی کراوە بە ڕووی ئەگەری سیاسیی جۆراوجۆری جیهانی، ئیقلیمی، عیراقی و کوردستانیدا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی کۆبۆوە. لە کۆبونەوەکەدا پێشهاتە نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و

ناوخۆییەکانی عیراق و کوردستان، وەکو دەروازەی هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان، گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەیان لەسەر کرا و سەرەنجام، کۆبوونەوە گەیشتە ئەو بۆچوونەی کە:

سیاسەتی نێودەوڵەتیی دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، سەبارەت بەکێشە ئابوری و سیاسییەکانی جیهان، ناکۆکیی قوڵ لەنێویدا هەیە، ناکۆکییەکانیش لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لەسەر سوریاو عیراق، هەروەها سەبارەت بە وڵاتانی تری ناوچەکە، گەیشتونەتە ڕۆخی دۆخی مەترسیداری عەسکەری و سازشی سیاسی کە سەرەنجامەکەی ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەکرێن، قوربانییەکی بێڕادەی خەڵکی ناوچەکە و دارِمانی ئابوری و دەیان ملیۆن ئاوارەو وێران کردنی شارو دێهاتی زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکەیە. دۆخێکی سیاسی و ناکۆکی بەرژەوەندیی ستراتیژی ئاوها، بێگومان، سەبارەت بە چارەنوسی نەتەوەیی کوردو گەلانی بێبەشکراو لە مافی دیموکراسیی ناوچەکەو لە بەشەکانی کوردستاندا، مایەی مەترسییە، بەتایبەتی هێشتا لەکۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و دانوستانە نیشتمانییەکاندا، دەستەبەری بەدیهێنانی مافەکانی کوردو گەلانی دیکە لە ئارادا نییە. باکورو ڕۆژئاوای کوردستان نمونەی دیارن لەم بارەوە.

هەر لەم کاتەدا، کاتێك هەڵوەستە لەسەر دۆخی لێکترازاوی ناوخۆی هێزە کوردستانییەکانی بەشەکانی کوردستان و کێشە چارەسەر نەکراوەکانی پەرلەمان و حکومەت و قەیرانی ئابوریی هەرێمی کوردستان دەکرێ، مەترسییەکان لەم هەلومەرجەدا زیاتر ترس دەخەنە سەر ئاسۆی هاوکێشەو ڕوداوەکان، بۆیە ئەرکی بەپەلەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئەوەیە، کە:

یەکەم: دوا توانا بخرێتە کار لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان و ناوچەکە، بۆ دەستبەرکردنی مافە دیموکراتییەکانی نەتەوەکەمان، لە کاتی مۆرکردنی هەر ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی.

دووەم: لە هەموو بەشێکی کوردستاندا، دیالۆگی بەرپرسانە لە نێوان هێزە کوردستانییەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە لایەك و لایەکی دیکەشەوە، بۆ ڕێککەوتنی سیاسیی هێزە کوردستانییەکان و هێزە دیموکرات و نیشتمانییەکانی وڵاتانی ناوچەکە، لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان، ئەنجام بدرێ.

لەسەر دۆخی عیراق: کۆبوونەوە، لە کاتێکدا ئومێدەوارە بە کەمترین زیانی پێشمەرگەو سوپای عیراق، موسڵ و حەویجە و ناوچەکانی تر ئازاد بکرێن، لە هەمان کاتدا بەپێویستی زانی بەشداریی هێزی پێشمەرگە لەم شەڕە چارەنوسسازانەدا، بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی و ئیداری و خزمەتگوزاری دوای ڕزگارکردنی ناوچەکان، دوور لە هەر چەشنە فشارێکی نابەجێ بەرامبەر دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکان بێ، بەتایبەتی کە ئەگەری قوڵکردنی کێشەی نێوان شیعەو سوننە لە ئارادایە، هەروەها مەترسیی پێشێلکاریی زیاتر بەرامبەر مەسیحی و ئێزدی و شەبەك و تورکمان نادیدە ناگیرێ.

هەلومەرجێکی گونجاویشە، دوای سەردانی وەفدی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی بۆ بەغدا، وەفدی باڵای حکومەتی هەرێم بە پرۆژەی نوێی دانوستاندن، بگاتە بەغدا و گفتوگۆیەکی بەرپرسانە لە هەرێم و بەغدا بۆ چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکان بکرێ. لە پێشەوەدا چارەسەری بودجەو موچە، ئینجا کەیسی نەوت و گاز، بە مەرجێ مافی ئابوریی گەلەکەمان، بهێنرێتە دی.

پەیوەست بەم کەیسە، کۆبوونەوە، بۆ زانینی سەرجەم ڕاستییەکان لەسەر قەیرانی دارایی و نەوت

و داهات و سەرفەکەی، هەروەها بۆ ساغکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی لەسەر هەناردەکردنی کاروانی تەنکەری نەوتی کەرکوك و پاڵاوگەکانی دیکە، بۆ بەغدا، تورکیا و ئێران و هەر داهاتێکی ناشەرعی (ئەگەر لە ئارادا بێ)، لیژنەی پێکهێنراوی پێشوی یەکێتی راسپێردرا، دوا توانای خۆی لەم بارەیەوە بخاتە کار، بۆ ئەوەی راستییەکان و پڕوپاگەندەکان یەکالا بکرێنەوەو رای گشتیش لەسەر وردەکارییەکان ئاگادار بکرێت.

جەماوەری دڵسۆزی کوردستان!

سەرکردایەتیی یەکێتی، لە کۆبونەوەکەدا جەختی کردەوە کە هێزی پێشمەرگەو قوربانییەکانی بونەتە مایەی شانازیی گەورەی نەتەوەی کوردو ئازادیخوازو پشتیوانەکانمان، هاوکاریی عەسکەری لە لایەن وڵاتە دۆستەکانی هاوپەیمانی ستراتیژیی دژی داعش و پشتیوانانی ناوچەکەش، بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستە رەشەکوژو ئەقڵکوژەکان، بەڵگەی بەردەوامیی دۆستایەتیی گەلەکەمان و حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگەن، بەڵام لە هەمان کاتدا کارا نەکردنەوەی پەرلەمان و چارەسەر نەکردنی کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان و تەنگوچەڵەمەکانی حکومەت، بەتایبەتی ئەنجام نەدانی گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیستەمی حوکمڕانی و ریشەکێش نەکردنی گەندەڵی و کۆتایی نەهێنان بە مشەخۆری و چارەسەر نەکردنی ئاستەنگی موچەی فەرمانبەران و کرێکاران، ئەمانە تێکڕا، دۆستەکانیشمانی وەکو گەلەکەمان نیگەران کردووە. بۆیە، سەرەڕای هەندێك چاکسازی لە کاروباری حکومەت و بڕینی موچەی بندیوارو کەمکردنەوەی مەسرەفی حکومەت، پەسەندکردنی پرۆژەی سیستەمی ئەلیکترۆنیی بانکی و هەوڵەکانی چاکسازی، هێشتا قەیرانی ئابوری و سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی بەردەوامە، بودجەو موچە دابین نەکراوە، گۆڕانکاری لەسیستەمی حوکمڕانی زۆری ماوە، سیستەمی بانکی و لە بانکەکاندا هەڵگرتنی پاشەکەوتی خەڵك زۆر لاوازە، تەنانەت هۆیە راستەقینەکانی قەیرانی داراییش، جگە لە زۆرو زەبەندیی موچەخۆر، کەزیانەکەی زەقە، بەڵام هۆکارە کەڵەکەکراوەکانی کابینەکانی پێشووش لەم قەیرانەو لەم گەندەڵی و مشەخۆرییە، هێشتا لای رای گشتی، تەنانەت لای پسپۆڕانی داراییش، نادیارن کە بە داخەوە، ڕای گشتی، تەنها حکومەتی ئێستای خستۆتە ژێر باری کێشەکان!!

یەکێتی، وەکو هەمیشە، چ لە ڕێگەی نوێنەرەکانی لە حکومەتداو چ لە ڕێی سەنگی سیاسیی خۆیەوە، لە لایەکەوە ئەوپەڕی پەرۆشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موچەو تەنگوچەڵەمەکان و پشتیوانی خەباتی پیشەیی- مەدەنییانەی خەڵکە، لە هەمان کاتیشدا پەرۆشە حکومەتی کوردستان، بەرنامەیەکی چاکسازیی هاوچەرخی لەم قۆناغەدا هەبێ و سەرکەوتووش بێ و بۆ سەرکەوتنیشی، لەبەر هیچ فشارێکی لاوەکی، سیاسەتی مێژوویی یەکێتیی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی بەرامبەر خەڵك و نیشتمان، ناداتە دەست قەدەری هەڵچون و داچوون، یان لە کاتی قەیران و کێشەدا، لە بەرپرسیارێتی دوور بکەوێتەوە، یەکێتی و یەکێتییەکان، لەکاتی تەنگانەو تەنگوچەڵەمەدا سەنگەرو مەیدان چۆڵ ناکەن.

لەم بارەیەوە، سیاسەتی یەکێتی لە پارێزگاکانی هەرێم، بەتایبەتی لە سلێمانی و پایتەختی کوردستان، ئینجا لەکەرکوك، خانەقین، شنگال و باقی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، هەمیشە رون بووەو لێکدانەوەی پڕ کاردانەوەی ئەملا و ئەولا، بەرامبەر سیاسەتی یەکێتی، پڕوپاگەندەی کاتییەو هیچی دیکە.

هەڤاڵانی یەکێتی!

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوە، کە بەوپەڕی هەست بە بەرپرسیارێتی لە ناو هەڤاڵاندا باس کرا، کێشەکانی ناو یەکێتییە. دوور لەوەی بچینە ناو وردەکاریی دەسەڵاتەکانی پەیڕەوی ناوخۆ، کە لەم بارەوە دەقی دەسەڵاتەکان و ماوەی جێبەجێکردنیان رۆشنە، کۆبونەوە جەختیکردەوە کە:

دەرگای دیالۆگی هەڤالانە، بۆ چارەسەری کێشەی هەڤاڵانمان کراوەیە، بە دڵنیاییەوە چی توانامان مابێ، دەیخەینە کار بۆ کۆتایی هێنانی کێشەکان و بوژاندنەوەی متمانەو خستنەوە گەڕی پۆست و ئۆرگانەکان، لە بەڕێز جێگری سکرتێری گشتییەوە، تا هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی دیکە. لەبەر بەرژەوەندیی یەکێتییش بڕیار درا تەنانەت وەڵامی سەرجەم ئاخاوتن و رونکردنەوەو رەخنەکانیش لەمەڕ کێشە ناوخۆییەکان و چۆنیەتیی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی نەدرێتەوە. بڕگەی بەستنی کۆنگرەش، کە هەستیارەو گەلێ کاتی بەسەر چووە، دیسان دواخرا بۆ دوای سەرەنجامی هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی هەڤالانی ناو یەکێتی.

لە کۆتاییشدا کۆبوونەوە بڕیاری دا، لەمەودوا، مانگی سێ جار کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی ئەنجام بدرێ. لە کاتی خۆشیدا دوو مانگ جارێ ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆ دەبێتەوە. کۆبوونەوەی ئایندەی سەرکردایەتیش، لە دوای هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، کە ئومێدەوارین لەم بارەوە سەرکەوتو بین، لەهەفتەیەك بۆ دوو هەفتەی تر بڕیار درا بە سەرپەرشتیی بەڕێز جێگری سکرتێری گشتی هەڤاڵ کۆسرەت رەسول، ئەنجام بدرێ.

بۆ ئەوەی کۆبونەوەکانیش، لە ڕاپەراندنی ئەرکە حزبییەکانیاندا سەرکەوتوو بن، بڕیارە ئۆرگانەکانی یەکێتی کارا بکرێنەوە، سەرپەرشتی بکرێن، چالاکی بنوێنن. دوا تواناش بۆ چارەسەری کێشەی دارایی هەڤاڵ و ئۆرگانەکانی یەکێتی، بەپێی پڕۆژەیەکی نوێ، بخرێتە کار.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو

-پاراستنی یەکێتیی ناو یەکێتی.

-چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و موچەی کوردستان و خەڵك.

-تێکشکاندنی داعش لە ڕوی عەسکەری و کۆمەڵایەتییەوە.

-خۆ سازدان بۆ چوارەمین کۆنگرە.

ئەنجومەنی سەکردایەتیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٦/١٠/١٥


## پاشکۆی ژمارە ٨

## ئەندامانی گروپی «ناوەندی بڕیار»

١-کۆسرەت رەسول عەلی.
٢-دکتۆر بەرهەم ساڵح.
٣-جەعفەر شێخ مستەفا.
٤-قادر حەمە جان.
٥-ئازاد جندیانی.
٦-مەحمود سەنگاوی.
٧-شاڵاو کۆسرەت رەسول.
٨-عەدنان محەمەد قادر.
٩-شاڵاو عەلی عەسکەری.
١٠-حامد حاجی غالی.
١١-مستەفا چاوڕەش.
١٢-بەرزان ئەحمەد کوردە.
١٣-محەمەد وەتمان.
١٤-نەرمین عوسمان.

١٥-جەمیل هەورامی.
١٦-حەمەی حەمە سەعید.

## نواڵە (گۆڤار)




گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانو لاوانی کوردستان. تەنها پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، لە ناویاندا ژمارە ٤ و ٥ ژمارەیەکی دوانەییە. ژمارە یەك لە ئابی ١٩٩١ دەرچووەو ژمارە ٤ و ٥ ڕێکەوتی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی هەمان ساڵی لەسەرە.

مانگانە بە ڕێکوپێکی دەرچووە. شێوازییەکی کەم لە قەوارەیدا هەیە کە دەشێ پەیوەندیی بە بڕینی کاغەزەوە هەبێ بەڵام قەوارەکەی بە شێوەیەکی گشتی کەوتۆتە نێوان ١٥ × ٢١و ١٧,٥ × ٢٢,٥ سم. ژمارەی لاپەڕەکانی لە ژمارەیەکەوە بۆ ژمارەیەکی تر جیاوازەو کەوتۆتە نێوان ٢٤ لاپەڕە کە کەمترینە (ژمارە ٢)و ٦٢ لاپەڕە کە زۆرترینە (ژمارە ٤ ـ ٥).

لە پێناسەیدا جیاوازی هەیە. لە ژمارە ١ و ٢ دا وەك ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان خۆی ناسیوە کەچی لە ژمارەکانی دواتردا وەك گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گوزارشتی لە خۆی کردووە. لە سێ ژمارەی یەکەم، لەسەر بەرگ ئاماژە بەوە کراوە کە گۆڤارەکە لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستانەوە دەردەچێ، کەچی لە ژمارە ٤ ـ ٥دا کەدوا ژمارەیە، لەسەر بەرگ تەنها ئاماژە بەوە کراوە کە گۆڤارەکە گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییەو هیچ ئاماژەیەك بۆ کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان نەکراوە.

گۆڤارەکە تا ژمارە ٣ هیچ ئاماژەیەکی بۆ سەرنوسەرو دەستەی نوسەران تێدا نیە. لە ژمارە ٣ بەدواوە، ئاماژە بە دەستەی نوسەران کراوە.

لە ژمارە ٣دا خەلات عومەر، نەوروز عەباسو زانا مەحمود ئەندامانی دەستەی نوسەران پێکدێننو مەریوان حەمە غەریب، هەڤاڵ هەڵەبجەیی، ئەنوەر عەلیو ئاریان غەفور ئەندامی کارگێڕن. لە ژمارە ٤ ـ ٥دا خەلات عومەر دەبێتە سەرنوسەر، ئیسماعیل حەمە ئەمین سکرتێری نوسین، مەریوان حەمە غەریب بەڕێوەبەر. دەستەی نوسەرانیش ئاوات ئەحمەدی بۆ زیاد کرا.

گۆڤارەکە لە تەکنیکی دەرهێناندا ئاستێکی باشی هەیەو لە ڕوی ناوەڕۆکی بابەتەکانەوە جگە لەوەی کە بایەخی بە مەسەلە خوێندکارییەکان داوە، بڕێکی زۆر بابەتی گشتیشی بڵاو کردۆتەوە.

لە سەروتاری ژمارە ٢دا، گۆڤارەکە بانگەشەی بۆ دروست کردنی ڕێکخراوێکی یەکگرتوو بۆ خوێندکارانو لاوان کردووە. لە ناو بڵاوکراوە خوێندکارییەکاندا، بە یەکێ لە گۆڤارە باشەکان دادەنرێ. پاشکۆیەکی هەبوە یەک ژمارەی لێ دەرچوە بە ناوی «مانگرتن» کە

بۆ پشتگیریکردنی مانگرتووەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٩١ دەری کردووە.

## نورستە (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی هەرێمی ٥ی قەرەداغ و هەرێمی ٦ی پشدەر لە لایەك و سوپای عیراق لە لایەکی ترەوە لەگوندی نورستە لە ناوچەی پشدەر لە ٣ی ئابی ١٩٧٨، کاتێك سوپای عیراق هێرشی کردە سەر دۆڵی هەڵشۆ لە ناوچەی پشدەر بەنیازی راگوێزانی دێهاتی ناوچەکە. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا ٥ سەرباز کوژران و دووانی دیکەش بریندار کران.

ڕۆژی دواتر هێزەکانی سوپای عیراق بۆ تۆڵەکردنەوە دۆڵی هەڵشۆیان بۆردومان کردو لە ئاکامدا ئەم پێشمەرگانە شەهید بوون: عەبدوڵڵا هەمزە ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا ڕەسوڵ مامەند، عەبدوڵڵا ئیبراهیم.

## نوری محەمەد عەلی*



پێشمەرگە و رابەری سیاسی. ناسراو بە مەلا نوری. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩ی گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوك. قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٦٨ بە هۆی پەرەسەندنی جموجوڵ و هەڵسوڕانی سیاسیی لە ناو شاری کەرکوك، لە لایەن دەزگای ئەمنەوە دەستگیر کرا.

ساڵی ١٩٦٩ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان شۆڕش و حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو تا راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ درێژەی بە ژیانی پێشمەرگایەتی دا.

لە قۆناغی چوار ساڵەی ئاشتیی ١٩٧٠- ١٩٧٤ بووەتە مامۆستا لەگوندی حەساری گەورە. ساڵی ١٩٧٤ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا ئەرکی مامۆستایەتیی خۆی بەجێ هێنا. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەك لە ئێران ژیانی ئاوارەیی بەسەر برد. پاش گەڕانەوەی بۆ عیراق، بۆ باشووری عیراق دوور خرایەوەو لە شاری دیوانیە بەفەرمانبەر دامەزرا. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو دواتر بووە پێشمەرگەو لەکەرتی ٤ی جەباریی سەر بە هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووە ڕابەری سیاسی.

لە ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ هێزێکی گەورەی جاش و سەرباز، لە چیای شۆڕاوەی ناوچەی هەمەوەند شەهید کرا.

## نوسەری کوردستان (گۆڤار)

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نوسەرانی کوردستان دوای وەستاندنی گۆڤاری پێروو، لە ساڵی ١٩٨١ دەری کردووە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس بڕیاری دا کە گۆڤاری نوسەری کورد دابخات، نوسەرانی شاخ بڕیاریان دا ناوی گۆڤارەکەیان بۆ نوسەری کوردستان بگۆڕن. زۆربەی ژمارەکان لە چاپخانەی برایم عەزۆو عەبدولخالق مەعروف چاپ کراون،




بەڵام ژمارەیەك لە چاپخانەی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، ژمارەیەکیش لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەو سێ ژمارە لە سەقز چاپ کراون. لەو سێ ژمارەیەی سەقز دوو دانە لە دەزگای ڕۆشنبیریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان چاپ کراوەو ژمارەیەکیش لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موحەمەدی چاپ کراوە.

لە ڕووی شوێنی چاپەوە، ئەم گۆڤارە لەبەر هەلومەرجی سەختی ئەو سەردەمە لە شوێنی جیاواز چاپ کراوە. بەم پێیە، ژمارەکانی لە توژەڵە، ناوزەنگ، زەڵێ، بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، یاخسەمەرو سەقز چاپ کراون. ژمارەکانی ئەم گۆڤارە، ژمارەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەو سەقزی لێ دەرچێ، هەموویان سیامەند مامیر شاسواری تایپ و دیزاینی کردوون.

نوسەری کوردستان لە ماوەی ١٠ ساڵدا، واتە لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩١، ١٨ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە ١، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨١و ژمارە ١٨ لە وەرزی زستانی ساڵی ١٩٩١ دەرچووە.

## نوسەری نوێ (گۆڤار)




گۆڤارێکی ئەدەبییە، لە ساڵی ١٩٨٣دا لقی هەولێری یەکێتیی نوسەرانی کوردستان دەری کردووە. تەنها یەك ژمارەی لە دوتوێی ٣٤ لاپەڕەی بە قەبارە نیو فولسکاب لێ دەرچووە.

بابەتەکان بەتایپی ئاسایی لەسەر ستێنسلی کاغەز تایپ کراون و پاشان بەڕۆنیۆ راکێشراون. گۆڤارەکە لەگوندی وەرتێی ناوچەی باڵەکایەتی لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید چاپ کراوە.

تاکە ژمارەکەی ئەم گۆڤارە کە یەك لێکۆڵینەوەو دوو چیرۆك و شەش هۆنراوەی لەخۆ گرتووە. لەدوو چیرۆکەکە یەکێکیان و لە هۆنراوەکان یەکێکیان وەرگێڕدراون. ئەوانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: سەعدوڵڵا پەرۆش، جەوهەر کرمانج، مەولود ئیبراهیم حەسەن، خەلیل دهۆکی، سەلاح سەربەنی، سامی شۆڕش و نەژاد عەزیز سورمێ.

لە سەروتاری گوتارەکەدا کە سەعدوڵڵا پەرۆش نوسیویەتی هاتووە: «هیوادارین نوسەری نوێش بەسێقۆڵی لەگەڵ نوسەری کوردستان و گزنگدا کە سێ ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانن جێگای ڕەزامەندیتان بێ».

## نۆڤی کوردستان (ڕۆژنامە)


Новый Курдистан

Турция обвиняет Сирию, Иран и Армению в поставке оружия КРП

Панорама новостей

Крокодиловы слезы по целостности Ирака

ڕۆژنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی روسی. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٧-١٩٩٩ دەرچوە. ناوی ڕۆژنامەکە لە زمانی روسیدا بە مانای «کوردستانی نوێ» دێ بەڵام ڕۆژنامەکە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێوە نیەو هیچ بابەتێکی لێ وەرنەگرتووەو بە کۆپیی روسیی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دانانرێ.

لەم ڕۆژنامەیە ٢٢ ژمارە دەرچووە. یەکەم ژمارە لەیەکی حوزەیرانی ١٩٩٧، لەیادی بیستو دوو ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، دەرچووە. ڕۆژنامەکە بەڕەنجو کۆششی چوار کەس دەرچووە کەبریتین لەدکتۆر مەغدید سەپانو لیزا سەپانی خێزانیو شۆڕش خالید سەعیدو یولیا سەعیدی خێزانی.

ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی مانگانە دەرچووە. لە ژمارە ١ و ٢دا دکتۆر مەغدید سەپان سەرنوسەر بووە. ژمارەکانی تر ناوی سەرنوسەریان لەسەر نیە. خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە لیزا سەپان بووە کە هاووڵاتییەکی بەرەگەز روسییە. دەستەی نوسەرانیش لە مەغدید سەپان و یولیا سەعید پێك هاتبوو. شۆڕش خالید سەعید ڕۆڵێکی دیاری لە ڕۆژنامەکەدا هەبوو بەڵام ناوی لە دەستەی نوسەراندا نەبوو.

ڕۆژنامەکە دوو خولی بەخۆیەوە دیوە. لە خولی یەکەمدا ١٩ ژمارەی لێ دەرچووە. مەغدید سەپان سەرپەرشتیی دەرکردنی کردووەو لە چاپخانەی کۆمیتەی هەرێمی باکوری ڕۆژئاوای روسیای فیدرال لە شاری سانکت پیتر بورگ چاپ کراوە. دوایین ژمارەی ئەم خولە کە ژمارە ١٩یە، لەشوباتی ١٩٩٩ دەرچووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە ڕوسیا، مەغدید سەپان و لیزا سەپان روسیایان بەجێ هێشتو گەڕانەوە بۆ سوید. بۆیە چیتر نەیانتوانی بەردەوام بن لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەکە. لێرەوە خولی دووەم بەبێ مەغدید سەپان و خێزانەکەی دەستی پێکرد. خولی دووەم لە ساڵی ١٩٩٩ دەست پێ دەکاو تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە کەبریتین لە ژمارەکانی ٢٠ و ٢١ و ٢٢. شۆڕش خالید سەعید سەرپەرشتیی دەرکردنی هەر سێ ژمارەی کردووە. ئەم سێ ژمارەیە لەمۆسکۆی پایتەختی روسیا چاپ کراون.

ڕۆژنامەکە بە قەبارەی تابلۆیدو بەڕەش و سپی دەرچووە. تا ژمارە ٧ بە چوار لاپەڕە دەرچووە.

ژمارەکانی ٨-١٥ بەدوانزە لاپەڕەو ژمارەکانی تر بە ١٢ لاپەڕە دەرچون.

ڕۆژنامەکە تیراژی هەزار دانەی لێ چاپ کراوە. لە خولی یەکەمدا تایپ کردنی بابەتەکان و دانانی وێنەو دیزاین کردنی لە شاری سانکت پیتر بورگ لەسەر دەستی مەغدید سەپان و خێزانەکەی بەڕێوە چووە. پاش چاپ کردنی هەر ژمارەیەك، چاپکراوەکان بۆ مۆسکۆ بۆ دەستی شۆڕش خالید سەعید دەنێردران و لەوێ بەسەر ناوەندە سیاسیو ئەکادیمییەکاندا دابەش دەکرانو بەشێکی بۆ ئەوروپا دەنێردرا.

مانگنامەکە زیاتر سیاسی بووە بەڵام زۆر بابەتی لەسەر کورد و داب و نەریت و کەلتورو ویژەو مێژوی کورد بڵاوکردۆتەوە. ئامانجی ڕۆژنامەکە خۆی لە دوو مەسەلەدا بینیوەتەوە، یەکەمیان بانگەشەکردن بوو بۆ مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی گشتیو دووەمیان گوزارشت کردن بوو لەهەڵوێست و سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت. ڕۆژنامەکە هەرمێنێکی زۆری لە ناو خوێندکارانی کورد لە روسیاو لە ناوەندەکانی کوردناسی بەتایبەتیو ڕۆژهەڵاتناسی بەگشتی هەبوو. بڵاوکردنەوەی هەندێ بابەت کە چەند ڕۆژهەڵاتناسێکی روس بەتایبەت بۆ ڕۆژنامەکەیان نوسیوە، ناوبانگێکی زۆری بۆ ڕۆژنامەکە پەیدا کرد. لەم ڕووەوە دکتۆر زارا ئەلییڤنا زنجیرەیەك وتاری لەسەر مێژوی کوردناسی لەسانکت پیتر بورگ تێدا بڵاوکردەوە کەدواتر وەرگێڕدرانە سەر زمانی توركی. هەروەها ڕۆژهەڵاتناسان گەسرەتیان، ئەنین ئەکرەم، شاکرۆی خ مگۆیان، ژیگالینە، ڤسیلەڤە، ئیرینە سمیرنۆڤەو لازەریف بەزنجیرە چەند وتارێکیان تێدا بڵاوکردۆتەوەو چەندین بابەتی تازەو هەستیاریان تێدا وروژاندووە. لە مێژوی ڕۆژنامەگەریی کوردیی تاراوگەدا، هیچ ڕۆژنامەیەك بەقەد «نۆڤی کوردستان» نەیتوانیوە لە ماوەی دوو ساڵدا ئەوەندە نوسینی کوردناسان بڵاو بکاتەوە.

## نۆڤین (گۆڤار)




گۆڤارێکی فیکریی ڕووناکبیرییە، مەکتەبی بیرو هۆشیاریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی دەری کردووە. بەسەر یەکەوە ١٦ ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە ئایاری ٢٠٠٦ دەرچووەو ژمارە ١٦ کە دوا ژمارەیە لە کانونی یەکەمی ٢٠١٠ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازەکەی عیماد ئەحمەدەو لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە ١٤ سەرنوسەرەکەی فازڵ کەریم ئەحمەدەو هەردوو ژمارە ١٥ و ١٦ سەرنوسەرەکەی حەسەن یاسینە. زرار عەبدوڵڵا مستەفا جێگری سەرنوسەرو شیلان ئەحمەد بەڕێوەبەری نوسین بووە.

لە ژمارە ١دا سەرنوسەر بەمجۆرە باسی گۆڤارەکەی کردووە «گۆڤاری نۆڤین بەردەوامبوون و درێژەپێدانی گۆڤاری بیرو هۆشیاری و جیهانی روناکبیرییە. ئەم گۆڤارە دەیەوێ لە رێگەی لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی و تیۆرییەوە درێژە بە ڕێبازەکەی خۆی بدات و مەڵۆیەك بخاتە سەر خەرمانی چالاکیی گەلی کوردستان بۆ داهاتوویەکی گەش و رووناك و پڕ لە سەرفرازی».

لە ژمارەکانی گۆڤاری نۆڤیندا چەند نووسەرو وەرگێڕێک، بابەتیان بڵاوکردۆتەوە لەوانە: فازڵ کەریم ئەحمەد، ئەحمەد عەزیزی، زرار عەبدوڵڵا مستەفا، چێنەر عەلی جۆڵا، سەڵاحەددین ئاشتی، بەرزان وەهاب، کەمال رەشید، فازل حسێن مەلا رەحیم، محەمەد قەرەداغی، عەولا بەهرامی، رەفیق ساڵح، ئەحمەد عەزیز، غەریب شەریف، لوقمان رەئوف، کەیوان ئازاد ئەنوەر، دارا فەرەج، دیلمان محەمەد، شیلان ئەحمەد، سنور قادر کۆکۆیی، خەلیل عەبدوڵڵا، بابەکر دڕەیی، دکتۆر محەمەد دلێر ئەمین، ڤیان مەجید، بەکر سدیق، سەردار عەبدولکەریم، شوان ئەحمەد، جوان نوری، ئیسماعیل حەمە ئەمین، مەهدی ئەبوبەکر، ئازاد رەشید، حەسەن یاسین، سەڵاحەددینی موهتەدی، دکتۆر ئەلبێرت عیسا، شاهۆ سەعید، هیدایەت ئیبراهیم، سامی قادر، کاوسێن بابەکر، دلاوەر عەبدوڵڵا، کامەران ئەحمەد، دڵشاد فەتاح، سەمەد ئەحمەد، نزار مستەفا، عەدالەت عەبدوڵڵا، هەڵۆ حەسەن، دکتۆر محەمەد رەئوف، دکتۆر ئازاد شێخانی، دکتۆر نەرمین مەعروف، دکتۆر لەتیف عەلی قادر، ئومێد رەفیق ساڵح، محەمەد فاتح، دانا عەلی ساڵح، ئارام سدیق، بێستون عەبدولڕەحمان، هیوا بەرزنجی، عوسمان حەسەن شاکر، عادل عەلی، دکتۆر دلێر ئەحمەد، جەمال حسێن، رەنج جەعفەر، کنێر عەبدوڵڵا، تارا شێخ عوسمان، سلێمان مستەفا حەسەن، عوسمان حەمە ڕەشید، نەجاتی عەبدوڵڵا، رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، سەلام عەبدوڵڵا، رێبوار حەمە تۆفیق، رەشید ئەحمەدی، ئەنوەرخانی سوڵتان پەنا، کاوە جەلال، عەدنان کاکەڕەش، تەحسین نامق، دکتۆر حەمید عەزیز، ئەکرەم میهرداد، فەیسەڵ عەلی، شاسوار خ. هەرشەمی، نەجم عەبدوڵڵا محەمەد، کامیل محەمەد قەرەداغی، کارزان کاوسێن، دیلان حسێن، ئاکۆ قادر، رامیار مەحمود، کارزان محەمەد، ئەکبەر حەسەن، ئومێد قەرەداغی.

## نۆکان (کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی)

دووەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگوندی نۆکان لە نیسانی ساڵی ١٩٧٨. لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێك مەسەلەی سیاسی و پێشمەرگایەتی و رێکخراوەیی گرنگ تاوتوێ کران و بڕیاری پێویست سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو لقەکان دەرچوو.

کۆبوونەوەکە ٣ بڕیاری سەرەکیی لێ کەوتەوە:

١-دانانی بنکەی سەرکردایەتی لە ناوچەی برادۆست، لەسێگۆشەی سنوری عیراق- ئێران- تورکیا کە لە ڕوی ستراتیجی و تاکتیکییەوە بایەخی خۆی هەیە. ئەم ناوچەیە تاکە ناوچەی گونجاو بوو لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە، بە تایبەتی کە لەوێوە دەرفەتێکی گونجاو بۆ درێژەپێدانی پەیوەندی لە نێوان هەرێم و سوریا هەبوو.

٢-کاراکردنی هەرێمی بادینان کە لەو کاتەدا حسێن بابەشێخ فەرماندەی بوو.

٣-ناردنی هێزێکی گەورە بۆ ناوچەکانی سەر سنوری عیراق - تورکیا بە مەبەستی رێکخستنی

پرۆسەی هێنانی بڕێکی گەورەی چەك لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بۆ ناوچەی برادۆست.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرایەوە و کۆمیتەی سەرکردایەتی لە نوێنەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزووتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتی پێك هێنرایەوە. لەنوێنەرانی کۆمەڵە تالْب ڕۆستەم لە جێی شاسوار جەلال (ئارام) دانرا کە لە ۳۱ی کانونی دووەمی ساڵی ۱۹۷۸ شەهید ببوو. بەم پێیە، نوێنەرانی کۆمەڵە لە کۆمیتەی سەرکردایەتیی بریتی بوون لە نەوشیروان مستەفا، ئازاد هەورامی (عادل)، حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)، عومەر عەبدوڵڵا (ڕەنجدەر)، تالْب ڕۆستەم و سالار عەزیز، لەوانە سالار عەزیز لە دەرەوەی وڵات بوو. دواتر تالْب ڕۆستەم هەم لە سەرکردایەتی یەکێتی دەستی کێشایەوە هەم لە ئەندامەتیی کۆمەڵە لەبەر ئەوەی لە کۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی پێشکەوتوی کۆمەڵە لە گوندی نۆکان کە یەکەم سەرکردایەتیی کۆمەڵەی تێدا هەڵبژێردرا، دەنگی پێویستی بۆ گەیشتن بە پلەی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە دەست نەهێنابوو.

لە نوێنەرانی بزووتنەوە لەکۆمیتەی سەرکردایەتی، لە جێی ڕەسوڵ مامەند کە لەبەر ناکۆکیی توندی لەگەڵ عەلی عەسکەری دەستی لەکار کێشابۆوە، حاجی حاجی برایم دانرا و لە جێی سەعدی عەزیز کە لە ۸ی شوباتی ساڵی ۱۹۷۸ لە شەڕی دەشتێو شەهید ببوو، سەید کاکە دانرا. بەم پێیە، نوێنەرانی بزووتنەوە لە کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەمانە بوون: عەلی عەسکەری، تاهیر عەلی والی، خالید سەعید، سەید کاکە، حاجی حاجی برایم و عومەر مستەفا، لەوانە عومەر مستەفا لەدەرەوەی وڵات بوو.

نوێنەرانی هێڵی گشتی لە کۆمیتەی سەرکردایەتی، هەمان ئەوانە بوون کە لە کۆبوونەوەی برادۆست دانرابوون و بریتی بوون لە حسێن بابە شێخ، عادل موراد، دکتۆر فوئاد مەعسوم، دکتۆر کەمال فوئاد، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا و دکتۆر عومەر شێخموس، لەوانە جگە لە حسێن بابە شێخ ئەوانی تر هەموویان لە دەرەوەی وڵات بوون.

مەکتەبی سیاسیش لە چوار ئەندام پێك هات. لە نوێنەرانی کۆمەڵە، ئازاد هەورامی لە جێی شاسوار جەلال دانراو خۆی و سالار عەزیز بوونە نوێنەری کۆمەڵە لەمەکتەبی سیاسی. لە نوێنەرانی بزووتنەوە، تاهیر عەلی والی لە جێی ڕەسوڵ مامەند دانرا و خۆی و عەلی عەسکەری بوونە نوێنەری بزووتنەوە لە مەکتەبی سیاسی. هێڵی گشتی هیچ نوێنەرێکی لە مەکتەبی سیاسیدا نەبوو.

پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکان، دەست بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکان کرا و ئامادەکاریی تەواو بۆ گواستنەوەی هێزەکان بۆ برادۆست کرا.

## نۆکان (کۆبوونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

یەکەم کۆبوونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەگوندی نۆکان لە ئازاری ساڵی ۱۹۷۸. تا ئەو کاتە، کۆمەڵە نە لە شارو نە لەلادێ، هیچ کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرانی ئەنجام نەدابوو. لە ماوەی ۸ ساڵی تەمەنی کۆمەڵەدا، لە ساڵی ۱۹۷۰وە ئەم کۆبوونەوەیە بە یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی کادیرەکان دەژمێردرێ. تا کاتی بەسترانی کۆبوونەوەکە، کۆمەڵە نە سکرتێرێکی هەڵبژێردراو و نە سەرکردایەتییەکی هەڵبژێردراوی هەبوو. ساڵی ۱۹۷۵ پاش دەستگیرکردنی

سەرکردایەتیی کۆمەڵە، کۆمیتەی هەرێمەکان پێك هات و وەك سەرکردایەتیی دیفاکتۆی کۆمەڵە کاری کرد. هەروەها پاش دەرنەچوونی رۆژنامەی «ئاڵای شۆڕش» لە سۆنگەی شەهیدبوونی شاسوار جەلالەوە، کۆمەڵە هیچ ئۆرگان و بڵاوکراوەیەکی نەبوو.

بەشداربووانی کۆبوونەوەکان لە کادیرەکانی رێکخستن و رابەرە سیاسییەکان و فەرماندە عەسکەرییەکان پێکهاتبوون و ژمارەیان ٢٦ کادیر بوو. لەدوتوێی کۆبوونەوەکاندا سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەلال تاڵەبانی و سکرتێری کاتیی کۆمەڵە نەوشیروان مستەفا چەند محازەرەیەکیان وتەوەو هەروەها عەلی عەسکەری و خالید سەعید بۆ بەخێرهاتنی کادیرەکان سەردانیان کردن.

لە کۆبونەوەکاندا پاش شەن و کەوکردنی بابەتە گرنگەکان، بۆچونەکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە سەرکردایەتییەک بۆ کۆمەڵە هەڵببژێردرێ. لەم سەروبەندەدا، لە کۆتایی کۆبونەوەکاندا، سەرکردایەتییەکی کاتی تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی گونجاو بۆ بەستنی کۆنفرەنس دەڕەخسێ، لە ٩ ئەندام هەڵبژێردرا. سەرکردایەتییەکە لەم کەسانە پێکهاتبوو: نەوشیروان مستەفا، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، بەکر حاجی سەفەر، سالار عەزیز، مەحمود عەبدولڕەحمان (شێخ عەلی)، ئاوات قارەمانی، فازڵ کەریم ئەحمەد (جەعفەر) و ئەحمەد کرێکار. ئەو دوو کەسەی دواییان، لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار نەبوون، یەکەمیان لەقەرەداغ بوو، مەلا بەختیار بۆ سەرکردایەتی پاڵاوتبوی و دووەمیان کادیری رێکخستنی ناو شاری کەرکوك بوو، ئازاد هەورامی بۆ سەرکردایەتی کاندیدی کردبوو. پاش کۆبوونەوەکە، ناوەندێك لە سێ ئەندام بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردرا کە لە نەوشیروان مستەفا وەك بڕیاردەر و هەر یەك لە ئازاد هەورامی و فازڵ کەریم ئەحمەد وەک ئەندام پێك هات.

هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بۆ کۆمەڵە کێشەیەکی وروژاند کە بیری لێ نەکرابۆوە و پەیوەندیی بە پێگەی سەرکردایەتیی پێشوی کۆمەڵەوە هەبوو کە ئەندامەکانی لە زیندانەکانی عیراقدا بون. کۆبونەوەکە ئەو پرسیارەی رووبەڕوو بۆوە کە ئایا هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی تازە لە دەرەوەی کۆنگرە و کۆنفرەنس پلەی سەرکردەیی لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوو دەسەنێتەوە و ئایا سەرکردایەتیی تازە هەڵبژێردراو جێی سەرکردایەتییە کۆنەکە دەگرێتەوە یان نا. پاش مشتوماڵ کردنی ئەم مەسەلەیە، کۆبونەوەکە بڕیاری دا پلەی سەرکردەیی لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پێشوو نەسەنێتەوە و بە پێی دیفاکتۆ سەرکردایەتییەکی تازە بۆ رایی کردنی کاروباری گشتی هەڵبژێرێ.

کۆبونەوەکە لە رەوتی گفتوگۆکاندا بڕیاری بەستنی کۆنفرەنسی دا لە کاتێکی نزیکدا کە دەبوایە بکەوێتە پاش ئۆپەراسیۆنی هەکاری، واش دانرا ئەرکی دابین کردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنفرەنسەکە بە سەرکردایەتییە هەڵبژێردراوەکە بسپێردرێ. بەڵام هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئۆپەراسیۆنی هەکاری توشی شکستێکی گەورە بون و ئۆپەراسیۆنەکە بە پێچەوانەی ئەوەی کە نەخشەی بۆ دانرابوو، نەیتوانی بنکەی ناوەندیی سەرکردایەتی لە خواکوڕك دابنێ و هەروەها نەیتوانی بپرژێتە سەر وەرگرتنی ئەو بڕە چەکەی کە نیاز وا بوو لە سوریاوە بە ناو خاکی تورکیادا بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. ئۆپەراسیۆنەکە لە بەرەنجامی کۆتاییدا بە کارەساتێکی گەورە کۆتایی هات. ژمارەیەکی زۆر ئەندام و کادیرانی کۆمەڵە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا شەهید بون یان بە دیل گیران، لەوانە دوو ئەندامی سەرکردایەتیی تازە هەڵبژێردراوی کۆبونەوەکەی

نۆکان، یەکێکیان ئازاد هەورامی بوو و ئەوی تر مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر بوو کە هەردوکیان لە هەکاری بە دیل گیران.

لەم سۆنگەیەوە، پاش ئۆپەراسیۆنی هەکاری، هەلومەرجێکی لەبار بۆ بەستنی کۆنفرەنس پێك نەهات، بۆیە بڕیار درا لە بری کۆنفرەنس کۆبونەوەیەکی دیکە بۆ کادیرە پێشکەوتووەکان لە گوندی شێنێ ببەسترێ.

تەمەنی سەرکردایەتییە هەڵبژێردراوەکەی کۆبونەوەی نۆکان حەوت مانگ بوو. لە تشرینی دووەمدا، کۆبونەوەی دووەمی کادیرە پێشکەوتووەکان لە گوندی شێنێ بەسترا و لەوێ کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە کە بەشێکی ئەندامەکانی لەو کادیرانە بون کە پێشتر لە نۆکان هەڵبژێردرا بون.

بابەتی پەیوەندیدار:

*شێنێ (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان).

## پاشکۆ

### بەشداربووانی کۆبونەوەی نۆکان (١٩٧٨)

١-نەوشیروان مستەفا ئەمین.

٢-حەمە سەعید حەمە ئەمین ناسراو بە دکتۆر رەزا.

٣-محەمەد حاجی سابیر.

٤-مەلا بەختیار.

٥-بەکر حاجی سەفەر.

٦-حامد حاجی غالی.

٧-حسێن کەریم قادر ناسراو بە حەمە سەعید.

٨-عەلی ساڵح سێگرتکانی.

٩-شاخەوان عەباس.

١٠-ساجد کەرکوکی.

١١-عەزیز مەحمود عەلی.

١٢-محەمەد مەحمود محەمەد باخ ناسراو بە شێخ شەماڵی باخ.

١٣-تالیب رۆستەم.

١٤-قادر خەبات.

١٥-ئاوارە کەرکوکی.

١٦-عومەر عەبدوڵڵا ناسراو بە مولازم عومەر.

١٧-پیرۆت نەبی.

١٨-ئازاد هەورامی.

١٩-دلێر سەید مەجید.

٢٠-عەلی حیکمەت ناسراو بە عەلی ئامە خان.

٢١-ئاوات قارەمانی.

٢٢-شۆڕش ئیسماعیل.

٢٣-بەهادین ئەحمەد حەسەن ناسراو بە وەهابی شارباژێڕ.

٢٤-تاهیر عوسمان قادر ناسراو بە سەرکەوت.

٢٥-زێڕۆ عەبدوڵڵا.

٢٦-مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ناسراو بە شێخ عەلی.

تێبینی:

١-بیر بۆ ئەوە دەچێ کە ژمارەی بەشداربووانی کۆبونەکە ٢٧ تا ٣٠ کەس بێ.

٢-هەندێ ناوی ناو لیستەکە وەکو خۆی دانراوەو ساغ نەکراوەتەوە.

## نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)

کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە٢٥ی

ئـازاری ١٩٧٨ لەگوندی نۆکان. ئـەم کۆبونەوەیە یەکەم کۆبونەوەی فراوانی کادیرە پێشکەوتووەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیست بووەو کە بەئاشکرا ببەسترێ‌و لـە ئاستی پلینۆمدا بـوو. لـەو کـاتـەدا زۆربـەی بەرپرسەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیست بۆ بەشداری کردن لە خولی دووەمـی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەگوندی نۆکان کۆ ببونەوە. بۆیە پاش تەواوبونی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بڕیار درا پێش بەڕێ کەوتن بۆ ناوچەکانی سـەر سنوری عـیراق- تورکیا وەك لەکۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاری لێ درا بوو، بزوتنەوەی سۆسیالیست کۆبونەوەیەکی فراوان بەکادیرە پێشکەوتووەکانی خۆی بکات.

ئەجیندای کۆبونەوەکە چەردەیەك بابەتی گرنگ‌و هەستیاری لە خۆ گرتبوو لەوانە هەڵسەنگاندنی بـارودۆخی ناوخۆیی بزوتنەوە پاش بونی بزوتنەوە بـە بـاڵێکی یـەکـێـتـیی نیشتمانیی کـوردسـتـان، ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی شاخ‌و شـار، هەڵسەنگاندنی پەیوەندیی نێوان بزوتنەوەی سۆسیالیست و کۆمەڵەی رەنجدەران، تاوتوێ کردنی کێشەکانی ناو سەرکردایەتیی بزوتنەوە بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان عەلی عەسکەری‌و رەسول مامەند، هەڵسەنگاندنی بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بادینان وەك لەکۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لێ درابوو، پڕکردنەوەی شوێنی بەتاڵی سەعدی عەزیز و بایز عەباس ئاغا لە سەرکردایەتیی بزوتنەوە.

کۆبونەوەکە لە بارەگای تاهیر عەلی والی بەگ لەگوندی نۆکان بەسترا و دەوروبـەری ٣٠ کادیری پێشکەوتوو بەشدارییان تێدا کرد. کۆبونەوەکە نەخشە ڕێگایەکی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لـە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانـاو کێشەکانی پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان بزوتنەوەی سۆسیالیست و کۆمەڵەی رەنجدەران تاوتوێ کردو بڕیاری دا ئەو کێشانە لە ڕێگەی گفتوگۆو دایەلۆگەوە چارەسەر بکرێن، هـەروەك مـێـژوی دامـەزرانـدنـی بـزوتـنـەوەو وردەکـاریـیـەکـانـی بـونـی بـە بـاڵـێـکـی نـاو یـەکـێـتـیی نیشتمانی بەسەر کردەوە.

کۆبـونـەوەکـە کـێشەی پـەیـوەنـدیـی گـرژی نـێوان عەلی عەسکەری‌و رەسول مامەندی تاوتوێ کردو بەردەوامبونی بە زیانبەخش دایـە قـەڵـەم، هـەروەك کۆبونەوەکە بڕیاری دا سەید کاکەو حاجی حاجی برایم شوێنی چۆڵی هەر یەك لە سەعدی عەزیز و بایز عەباس ئاغا لە کۆمیتەی سەرکردایەتی پڕ بکەنەوە. لە کۆتایی کۆبونەوەکەشدا هەر یەك لە قادر عەزیزو ئەحمەد فەتحوڵڵا و ئەحمەد فەقێ رەش بە ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی دیاری کران.

نـاوی بەشێك لە بەشداربووانی کۆبونەوەکە: عەلی عەسکەری، رەسـول مامەند، تاهیر عەلی والی بەگ، خالید سەعید، مەلا ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد، سەید کاکە، حاجی حاجی برایم، قادر عەزیز، بەکر حەمە، جەمال کوردە، ئەنوەر سەعید والی، ئەحمەد فەقێ رەش، ئەحمەد فەتحوڵڵا، عەلی سلێمان، مریەم خان، عەزیز بەگ، مەحمود پیرۆت، رەوف مستەفا بەگ، رۆستەم مستەفا.

## نۆکان (کۆبونەوەی پلانی کار)

کۆبـونـەوەی فـراوانـی کـادیـرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ٢٥ی تەموزی ١٩٨٨ لە گوندی نۆکان لەسەر سنوری عیراق- ئێران پاش هەفتەیەك لە رازیبونی ئێران بە بڕیاری نێودەوڵەتیی ژمارە ٥٩٨ کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ٢٠ی تەموزی ١٩٨٧ دەری کردبوو و

تێیدا داوای راگرتنی شەڕ و گۆڕینەوەی دیلەکانی جەنگی لە عیراق و ئێران کردبوو. ئێران بۆ ماوەی ساڵێکی رەبەق بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی رەتکردەوە چونکە هیوای لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو کە بتوانێ سەرکەوتنێکی گەورە لە جەنگدا بەدەست بێنێ، بەڵام پاش ئەوەی هێزەکانی عیراق لە ١٧ی نیسانی ١٩٨٨ سێگۆشەی فاویان لە ئێران سەندەوە، تەرازوی ستراتیجیی جەنگ بە تەواوی بەلای عیراقدا دایشکاند و ئێران پاش سێ مانگ، پاش بێئومێد بوون لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن، ئامادەیی راگرتنی جەنگی بە شێوەیەکی فەرمی دەربڕی.

ئامانجی کۆبونەوەکە تاوتوێکردنی پلانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە قۆناغی پاش راگرتنی جەنگی عیراق- ئێران. ئەجیندای کۆبونەوەکە بابەتی زۆر هەستیاری لە خۆ گرتبوو. کۆبونەوەکە لە گوندی نۆکان لەسەر سنوری عیراق- ئێران بەسترا و بە سەرپەرشتیی جێگری سکرتێری گشتی نەوشیروان مستەفا و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هەر یەك لە جەبار فەرمان و فەرەیدون عەبدولقادر، بەڕێوە چوو.

نەوشیروان مستەفا گێڕانەوەیەکی رەشبینانەی بۆ دۆخەکە پێشکەش کرد و وتی رازیبونی ئێران بە راگرتنی شەڕ شتێکی پێشبینیکراو بوو، چونکە سێ مانگ لەمەوبەر هەموو راپۆرتەکان لەسەر یەك خاڵ یەکدەنگ بون، ئەویش ئەوەیە کە ئێران چیتر توانای درێژەپێدانی جەنگی نەماوە و لە ناو دەستەبژێری فەرمانڕەوا مقۆمقۆی راگرتنی شەڕ سەری هەڵداوە. هەروەها وتی عیراق و ئێران دەست بە دانوستان دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی پێش جەنگ. ئەمەش ئاماژەیەکی رون بوو بۆ ئەگەری پوکانەوەی بزوتنەوەی کورد و هاتنە ئارای بارودۆخێکی دژوارتر بۆ کاری سیاسی و پێشمەرگەیی. نەوشیروان مستەفا رونی کردەوە کە ئێران لە جەنگ شەکەت بووە و زیانی گەورەی بەرکەوتووە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئێرانییەکان رازی نابن هێزی پێشمەرگە لەسەر سنور بمێنێتەوە و خاکیان بکاتە بنکەی چالاکییەکانی لە دژی رژێمی عیراق. راوشکاوتر لەمە، وتی ئێرانییەکان بە شێوەیەکی فەرمی ئاگاداریان کردونەتەوە کە رێ بە بنکەی چەکدار لەسەر سنور نادەن، بەڵام مافی پەنابەری بە لێپرسراوان و پێشمەرگە دەدەن. هەروەها رونی کردەوە کە ئێرانییەکان نایەڵن لە یەك شوێن کۆ ببنەوە، بڵاوەیان پێ دەکەن و هەر گروپێکی چەند کەسی بۆ شارێك دەنێرن.

بەپێی گێڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، بەرنامەی ئێرانییەکان بەم جۆرە دەبێ: سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەتوانن لە ئێران بمێننەوە، بەڵام رێی کاری سیاسییان پێ نادرێ و دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە. بە هۆی ئەمەوە، سەرکردایەتی ناتوانێ پەیوەندی بە کادیرەکانییەوە بکات. بۆیە، پێشنیاری کرد لەو کۆبونەوەیە سەرکردایەتییەکی نهێنی لە کادیرەکان پێك بهێنرێ بۆ ئەوەی ئەو سەرکردایەتییە لە کاتی بڵاوە پێ کردندا، پەیوەندی بە کادیرەکانەوە بکات و رێکیان بخاتەوە. ئەم پێشنیارە بە وردی تاوتوێ کرا. نەوشیروان مستەفا پێشنیاری کرد کادیرەکان لە ناو خۆیان سەرکردایەتییەکی نهێنی هەڵبژێرن بەڵام کادیرەکان بە باشیان زانی هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی سەرکردایەتییە نهێنییەکە نەکرێ، بەڵکو سەرکردایەتی، پاش کۆبونەوەکە، چەند کادیرێك بۆ ئەم کارە دەستنیشان بکا و ئەرکەکەیان پێ بسپێرێ. مەبەست ئەوە بوو کە ناوی ئەندامانی سەرکردایەتییە نهێنییەکە تا ئەو کاتەی دەست بە کارەکەیان دەکەن، هەر بە نهێنی بمێنێتەوە. لە کۆبونەوەکەدا گومان لەوەدا نەبوو کە ئێرانییەکان کادیرەکان بەسەر شارەکاندا دابەش دەکەن، بە هەمان ئەو پێودانگەی کە لە ساڵی ١٩٧٥دا، لە سەروبەندی هەرەسهێنانی شۆڕش و

زیادبونی ژمارەی ئاوارەکان لە ئێران، رویدا بوو.

کۆبونەوەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە هەندێ لە کادیرەکان بنێردرێنەوە بۆ شارەکان بۆ سەرکردایەتی کردنی رێکخستنە نهێنییەکان و پێکهێنانی سەرکردایەتیی شارەکان و مەفرەزەی چەکدار لە هەندێ شوێن. هەروەها بڕیار درا مەفرەزە پارتیزانەکان لە دەوروبەری شارەکان بمێننەوە و پەرە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ رێکخستنی شارەکان بدەن، هەروەك بڕیار درا داوا لە کادیرەکانی دەزگای تەندروستیی کوردستان بکرێ چەند خولێکی برینپێچی و فێرکردنی فریاگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ مەفرەزە پارتیزانەکان بکەنەوە. هەروەها بیر لەوە کرایەوە کە ژمارەیەك لە کادیرەکان بنێردرێن. بۆ ئەوروپا و سوریا و لوبنان بۆ کارکردن لە هەندەران. سەبارەت بە دەزگای راگەیاندنیش، پلان بۆ ئەوە دانرا کە کادیرەکانی راگەیاندن بنێردرێن بۆ سوریا و لە رێی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی دیمەشقەوە کار بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی حکومەتی سوریا بکرێ بۆ گواستنەوەی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان بۆ شاری قامشلو یان دیمەشق و خستنەوە گەڕی چاپخانەی برایم عەزۆ.

تەوەرێکی تری کۆبونەوەکە بۆ تاوتوێکردنی رەوشی ئاوارەکان تەرخان کرا. شەڕی کیمیایی و شاڵاوەکانی ئەنفال کارێکی وایان کردبوو دەوروبەری ٢٠٠ هەزار کەس لە ناوچەکانی سەر سنور، بە لێشاو، روو بکەنە ئێران و ژیانی ئاوارەیی بەسەر بەرن. ئێرانییەکان ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانیان لە کامپەکانی ئاوارەیی داڵدە دابوو و ئەوەندەی لە توانایاندا بوو پێداویستییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین کردبون، بەڵام لەم رووەوە فشارێکی زۆریان لەسەر بوو، چونکە لە رۆژهەڵاتیش گیریان بە دەست لێشاوی ئاوارەی ئەفغانستانەوە خواردبوو. جگە لەو ئاوارانەی کە لە کامپەکان جێگیر ببون، ژمارەیەکی زۆری ئاوارەش لە شارەکانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران جێگیر ببون، بەتایبەتی لە سەردەشت، سەقز، پاوە، شنۆ، خانە و مەریوان، کۆبونەوەکە تەگبیری بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان کرد و لیژنەی لە چەند کادیرێك بۆ مشورخواردنی پێداویستییەکانیان پێکهێنا. کۆبونەوە لیژنەی ئاوارەکانی راسپارد لەم رووەوە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان بکات. رێکخراوەکە یەکسەر کەوتە گەڕ، سەردانی کامپی ئاوارەکانی کرد و ئەوەندەی لە توانایدا بوو کۆمەك و پێداویستییەکانی بۆ ئاوارەکان دابین کرد.

بەپێی ئەجیندای تاوتوێکراو، کۆبونەوەکە پلانێکی گشتگیری بۆ دۆخە سەختەکان و ئەگەرە هەرە خراپەکان دانا. پلانەکە بە کۆی دەنگی ئامادەبووان پەسند کرا.

هەرچەند ئێران و عیراق رەزامەندییان لەسەر بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش نیشان دابوو، بەڵام گەیشتن بە رێککەوتنێکی جێگیر بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێ، هێشتا رێگایەکی دور و درێژی لە بەردەمدا بوو. لەو ماوەیەدا گۆڕانێکی دراماتیکی بەسەر هەڵوێستی ئێراندا هات و لەم سەروبەندەدا ئێران دەستبەرداری پلانی داخستنی بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بڵاوە پێکردنی کادیرەکانی بوو. سەرباری، لە رەوتی وتووێژدا لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئێرانییەکان رازی بون یەکێتی دوو بارەگای لەسەر سنور هەبێ، یەکێك لە قاسمە رەش و ئەوی تر لە گوندی بلەکێ. بەم پێیە، بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قاسمە رەش دانرا و بارەگای سەرەکیی هێزی پێشمەرگە لە بلەکێ جێگیر کرا. هەروەها ئێرانییەکان رێیان دا تیمی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە شاری سەقز دابنێ.

هۆی پاشەکشەی ئێران لە جێبەجێکردنی پلانە

بەرایییەکەی، پەیوەندیی بە دواپین ئۆپەراسیۆنی سوپایی جەنگی عیراق- ئێرانەوە هەبوو کە لە نێوان هێزەکانی ئێران و هێزەکانی ڕێکخراوی مجاهدین خەلق قەوما. پاش شەش ڕۆژ لە ڕازیبونی ئێران بە بڕیاری ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش، هێزەکانی عیراق هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر ناوچەکانی باشوری ڕۆژئاوای ئێران کە ئەمەش ئێرانی ناچار کرد ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی عیراق بنێرێتە ناوچەی شەڕ. هێرشەکەی عیراق هیچ ئامانجێکی ستراتیجیی نەبوو، بەتایبەتی کە ئێران بە شێوەیەکی فەرمی ئامادەیی خۆی بۆ ڕاگرتنی شەڕ دەربڕی بوو و نەتەوە یەکگرتووەکانیش سەرقاڵی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕاگرتنی شەڕ بوو لە نێوان عیراق و ئێران. دواتر دەرکەوت کە عیراق پلانی بۆ گواستنەوەی شەڕ بۆ ناو خاکی ئێران هەیە و ئومێدی لەسەر ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران هەڵچنیوە. دەرکەوت ئامانجی هێرشەکەی عیراق، سەرقاڵکردنی هێزەکانی ئێرانە بە شەڕێکی لاوەکییەوە لە باشوری ڕۆژئاوای ئێران، لە کاتێکدا کە هێزەکانی ڕێکخراوی مجاهدین خەلقی ئێران کە بارەگاکانیان لە عیراق بوو، بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی عیراق، خەریکی هێرشێکی بەربڵاو بوون بۆ سەر پارێزگای کرماشان.

بەپێی ئەو پلانەی کە عیراق و ڕێکخراوی مجاهدین خەلقی ئێران پێکەوە دایاننابوو، سەرۆکی ڕێکخراوەکە، مەسعود ڕەجەوی، ئۆپەراسیۆنی فروغ جاویدانی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران ڕاگەیاند و بەڵێنی دا کە هێزەکانی لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەگەنە تاران. ڕەجەوی لە هێرشەکەیدا پشت ئەستور بوو بە ئەفسەرانی عیراقی و دەوروبەری شەش هەزار جەنگاوەری ڕێکخراوەکەی کە لەسەر بەکارهێنانی تانکی ڕوسیی لە عیراق وەرگیراو و موشەکی سام ٧ و چەکی دژە ئاسمانی مەشقیان پێ کرابوو. ڕەجەوی ڕایگەیاند کە «هێزی ئاسمانیی عیراق تا سەرپێڵی زەهاو پشتیوانیمان لێ دەکات». ئەو هێزانە، بە لاسایی کردنەوەی شەڕی بروسکە ئاسا کە تێیدا لە کەمترین ماوەدا دەست بەسەر بەربڵاوترین ڕوبەردا دەگیرێ، زۆر بە خێرایی پێشڕەوییان کرد و دەستیان بەسەر شارەکانی قەسر شیرین، سەرپێڵی زەهاو، کەرەند غەرب و ئیسلام ئابادی غەربدا گرت و گەیشتنە دوریی ٣٤ کیلۆمەتر لە شاری کرماشانەوە. سەرۆکی عیراق سەددام حسێن ڕایگەیاند کە ئەو پێشبینی دەکات هەموو ئێرانییەکان بچنە پاڵ هێزەکانی مجاهدین خەلق. لە بەرامبەردا، حکومەتی ئێران خۆی کۆکردەوە، ئۆپەراسیۆنی مرسادی ڕاگەیاند و زۆری نەبرد هێرشەکەی تێکشکاند و هەموو ناوچەکانی لە هێزەکانی مجاهدین خەلق پاك کردەوە.

ئۆپەراسیۆنی فروغ جاویدان ئێرانییەکانی بردە سەر ئەو باوەڕەی کە دروست نیە خۆیان لە کارتی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بێبەش بکەن، لە کاتێکدا کە عیراق بەردەوامە لەسەر بەکارهێنانی کارتی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری ئێران. تا ساڵی ١٩٩٠، ئێران بەردەوام بوو لەسەر هاوکاریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کورد. لە کۆتایی بەهاری ١٩٩٠دا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زانیاریی پێ گەیشت کە دانوستانی نێوان ئێران و عیراق هەندێ پێشکەوتنی بەدەست هێناوە و پێشبینیی کرد ئێران دەست لە پشتگیریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی عیراق هەڵگرێ. لە ئایاری ١٩٩٠ دا ڕۆژنامەی «شەرارە»ی ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی عەرەبی کە لە شاری سەقز لە ئێران دەردەچوو، لە سەروتارێکدا کە نیگەرانیی پێوە دیار بوو، ئاماژەی بە ئەگەری ڕێککەوتنی عیراق و ئێران کرد، دژی ئاشتبونەوەی عیراق و ئێران نەوەستایەوە، بەڵام داوای کرد پرۆسەی چارەسەری کێشەکانی عیراق و ئێران «هاوکات بێ

لەگەڵ چارەسەرێکی لۆجیکی و دادپەروەرانەی مەسەلەی کورد» لە عیراق و بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو چارەسەرە «تاکە رێوشوێنە بۆ ئومێد هەڵچنین لەسەر دانوستانی ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە«. ئەو پەیامەی کە «شەرارە» دەیویست بیگەیەنێ ئەوەیە کە کێشەی کوردی عیراق لە کێشەکانی ناوچەکە دابڕاو نیە، ناوچەکە پێویستی بە چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانە و تەنها چارەسەرکردنی کێشەی نێوان عیراق و ئێران بەس نیە بۆ گەرەنتی کردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

وەك ئەوەی کە پێشبینی دەکرا، لە حوزەیرانی ١٩٩٠ دا دوای ئەوەی کە عیراق و ئێران لە گەیشتن بە رێککەوتنی تەواو نزیك بونەوە، ئێرانییەکان گەڕانەوە سەر سیاسەتەکەی ساڵی ١٩٨٨ و سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیان ئاگادار کردەوە کە دەبێ مشوری خۆیان بخۆن چونکە چیتر ناتوانن لێگەڕێن لەسەر خاکی ئێران چالاکیی سیاسی بنوێنن. ئەو بڕاردانەی کە لە ساڵی ١٩٩٠ لە بەردەم سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بون، هەمان ئەو بژاردانە بون کە لە کۆبونەوەی ساڵی ١٩٨٨ی نۆکان بڕیاریان لێ درا بوو، بەڵام نە ئێران ئەجینداکەی خۆی جێبەجێ کرد نە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چونکە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ دا عیراق هێرشی کردە سەر کوێت و داگیری کرد. ئەمەش روداوێکی ناچاوەڕوانکراو بوو کە تەواوی ناوچەکەی هەژاند. لەم سۆنگەیەوە ناوچەکە کەوتە بەردەم بژاردە و پێشهاتی گرنگ و نائاسایی کە نەدەبوو بە رێوشوێنی جاران ئاڵوویری لەگەڵدا بکرێ.

ناوی ژمارەیەك لەو کادیرانەی کە لە کۆبونەوەی نۆکاندا بەشدار بون: کاکەڕەش سدیق، ئەمین قادر مینە، شۆڕش حاجی، عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر، فەرید ئەسەسەرد، محەمەد ئەسعەد ناسراو بە پۆڵا، رێبوار ئیسماعیل، سەرهەنگ سمایل ساحبقران، بەکر فەتاح، رەفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش، جەلال جەوهەر، شاخەوان عەباس، مەحمود محەمەد ئەحمەد ناسراو بە فەرمان، بێستون رەسول حەمەسور، ئەحمەد عەبدوڵڵا عەسکەری، ئەرسەلان بایز، ئازاد رەفیق چالاك.

## پاشکۆ

## دانوستانی ئاشتیی نێوان عیراق و ئێران و چارەسەری دادپەروەرانەی مەسەلەی کورد (سەروتاری رۆژنامەی شەرارە)

لەوەتەی جەنگی دووەمی جیهان کۆتایی هاتووە و دەستەواژەی وڵاتانی جیهانی سێیەم سەری دەرهێناوە و هاوکات لەگەڵ هەرەسهێنانی کۆلۆنیالیزەکردنی دەوڵەتە خاوەن قەوارە فەرمییەکان بە شێوەیەکی عەسکەرتارییانەی راستەوخۆ و نەمانی دەستەواژەکە لە نەخشەی نێودەوڵەتاندا، ئەو وڵاتانە روبەڕوی لێشاوێك جەنگی ناوچەیی و ناوخۆیی بوون، واتە جەنگی نێوان خودی رژێمەکان لەوانە جەنگی نێوان هیندستان و پاکستان، جەنگی نێوان هەردوو لەتەکەی کۆریا، جەنگی نێوان تورکیا و یۆنان، جەنگی نێوان مۆریتانیا و سەنگال، جەنگی نێوان عیراق و ئێران و هی تر، هەروەها لە ناو خودی ئەو رژێم و گەلانەدا جەنگی ناوخۆیی قەوما زۆر ماڵوێرانکەر. گرنگترین هۆکانی هەڵایسان و بەردەوامبونی ئەو جەنگانە، جۆری رژێمی سیاسیی ئەو وڵاتانەیە کە ناوەڕۆکێکی دیکتاتۆرییانەی خۆسەپێنی دژ بە زۆرینە و ویستی راستەقینەی گەل هەیە بە چەشنێك کە لە رژێمە سیاسییەکانی تردا بەدی ناکرێت.

ئاخۆ سەرەنجامی ئەو جەنگانە چی بووە؟ چییان لێ چنراوە؟ سەرەنجامی جەنگەکان زیاتر تێکچونی باری ئابوری و فراوانبونی دەلاقەی نێوان ناکۆکی و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و وێرانبونی رۆشنبیری بووە، سەرباری زیانی بێ شوماری مرۆیی کە بە هیچ قەرەبوو ناکرێتەوە. لە بەرامبەریشدا، رژێمە پیشەسازییە گەورەکان قازانج و دەستکەوتی خەیاڵییان چنگ کەوتووە.

جەنگی عیراق- ئێران (ئەیلولی ١٩٨٠-ئابی ١٩٨٨) بەرچاوترین نمونەی قێزەونترین جەنگی ناوچەییە لە نێوان دوو دەوڵەتی خاوەنی پەیوەندیی مێژوویی دێرین و پەیوەستی کۆمەڵایەتی و کەلتوری ئابوری و بەرژەوەندیی هاوبەش لە ناوچەکەدا. ئاکامی ئەم جەنگە، سەدان هەزار کوژراو برینداره، سەرباری داهێزرانی ژێرخانی ئابوریی هەردوو وڵات، لەناوچونی چەندەها شار و دێهات، هاتنە ئارای دۆخێکی نائاسایی کە گیانی تۆڵەسەندنەوە بەسەریدا زاڵە، نەك پەیوەستەکانی برایەتی و پەیوەندییە ئاساییەکان کە سەدەهای ساڵە بەردەوامن و درێژەیان هەیە. هیچ کام لە ململانێ ناوچەییەکان و ئەو ناکۆکییانەی کە زۆر جار لە نێوان وڵاتە دراوسێکاندا سەر دەرێنن، لەمەوبەر پێش هەڵایسانی جەنگی وێرانکەری ئەم دواییە، نەیانتوانیوە ئەو پەیوەندییانە لەق بکەن و زۆری نەدەبرد ئەو وڵاتانە بە چارەسەری گونجاو و دانایانە دەگەیشتن.

بەڵام رژێمی عیراق کە لە ژێر کۆنترۆڵی کەمایەتییەکی خۆسەپێن دایە و ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڤێنیی خۆبەلزان هەڵیدەسورێنێ، بە مشتێکی ئاسنین و میکانیزمێکی پڕ تۆقاندنی سیاسی و داپڵۆسینی پۆلیسییانەی دڵڕەقانە و نا مرۆڤانە، تەنگ بە گەلی عیراق هەڵدەچنێ، گەلی کورد جینۆساید دەکات، تایفەی شیعە دەچەوسێنێتەوە، مافە رەواکانی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان پێشێل دەکات و کاری سیاسی و پیشەیی قۆرخ دەکات، لە سایەی رژێمێکی وادا شتێکی زۆر ئاساییە کە سیاسەتی تۆقێنەرانەی ئەو رژێمە، بە مەترسیدارترین شێوە و بە زۆرترین زیان، لە پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی رەنگ بداتەوە.

دیومانە چۆن ئەم رژێمە درێژترین جەنگی ترسناکی لە نێوان دوو وڵاتی دراوسێ لەم چەرخەدا هەڵگیرساندووە، دیومانە چۆن برایەتیی عیراق و سوریای تێکداوە، سەرباری دەیان پەیوەندیی نائاسایی لەگەڵ عەرەب و دراوسێکانی و دەوڵەتانی جیهان. زۆرێك لەو پەیوەندییانە، تا ئەم ساتە، بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، رێك وەك ئەو تاڵە مووە باریکەی کە لە نێوان ئەو رژێمە و دراوسێکانیدا ماوە و کەس نازانێ کەی دەپچڕێ و چی دەقەومێ.

پەیوەندیی رژێمی دەسەڵاتداری عیراق بە رۆڵەکانی گەلەوە، بە تایبەتی بە گەلی کوردەوە، سەیرترین نمونەی پەیوەندیی دوژمنانەی وێرانکەرە لە نێوان رژێمێکی سیاسی و گەلەکەی لە تەواوی گۆی زەمیندا.

رژێمی دیکتاتۆری دەسەڵاتداری عیراق گوفتاری لە رەفتاری ناچێ. هیچ لەوە ناسڵەمێتەوە کە بڵێ گوایە مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کوردی سەلماندووە و وای بڕازێنێتەوە کە گوایە بارودۆخی ئێستای کوردی عیراق، زۆر لە بارودۆخی کوردی وڵاتەکانی تر چاکترە. هەموو بەڵگەکەشی ریکلامکردنێکی مایەپوچە بۆ هەندێ مافی روکەش کە گوایە کوردی عیراق پێی شادن، لە کاتێکدا بونی سەدان هەزار کوردی راکردوی نیشتەجێی ئۆردوگای ئاوارەکان لە ئێران و تورکیا و سوریا و دەیان هەزار وێڵ و سەرگەردان لە وڵاتانی تاراوگە لە ئەوروپا و وڵاتانی ئەودیوی دەریا، هەموو درۆ و دەلەسە

و پرۆپاگەندەکانی رژێم پوچەڵ دەکاتەوە، سەرباری هەزاران گوند و دەیان شاری خاپورکراوی کوردستانی عیراق.

کاتێك رژێم جولانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی کوردی بەوە تۆمەتبار کرد کە هەلی بەرپابونی جەنگی عیراق- ئێرانی بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش قۆستۆتەوە، لە بنەڕەتدا پێویستی بەوە نەبووە کە بە دوای بیانوویەکدا بۆ خاپورکردنی کوردستان و هەڵگیرساندنی شەڕی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بگەڕێ.

بەڵام ئەم تۆمەتە کۆمیدییە لە بەردەم مێژوو و لۆجیك و فاکتە سەلمێنەرەکاندا زۆر خۆی راناگرێ، چونکە هەموو مرۆڤێکی ژیر دەزانێ شۆڕشی کورد پاش یەك ساڵ لە بەستنی پەیمانە بەناوبانگەکەی جەزایر لە ساڵی ١٩٧٥دا لەنێوان سەرانی ئێستای رژێمی دەسەڵاتداری عیراق و شاهنشای ئێران هەڵگیرساوە. لەو پەیمانەدا ئاو و خاك و سەروەریی نیشتمانیی عیراق خرانە سەر دەفرێکی دروستکراو لە کەللەسەر و خوێنی کورد و لە نیاوەران پێشکەش بە کۆشکی شا کرا، وەك پێشەکییەکی دڵسۆزانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی رژێم و شا، لە کاتێکدا کە گەلی کورد و بزاڤە نەتەوەییە رزگاریخوازییەکەی، تۆزقاڵێك دەستبەرداری سەروەری و ئاو و خاك و سەربەخۆیی نیشتمانیی خۆی نەبووە، بە رەچاوکردنی ئەوەی کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان توانای رژێم وەك دەوڵەت و توانای گەلێکی تێکۆشەری بێچەك هەیە.

بەمجۆرە، لە جیاتی ئەوەی رژێمی دەسەلاتدار بکەوێتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی لەگەڵ خودی گەلەکەی خۆی، ئەوەی بە لاوە باشتر بوو کە لە پەناوە، لە پشت پەردەی گەمەی گومانAوییی نێودەوڵەتی، کارەکەی خۆی هەڵسوڕێنێ. بەڵام نە رێککەوتننامەی جەزایر و نە هیچ پلانێکی نهێنیی نێوان رژێم و شا، ئەوەندە بەهێز و پشت بەستوو بە رەوایی نەبوو کە بتوانێ کڵپەی شۆڕشی کورد دابمرکێنێتەوە. بۆیە کێشەکە لەسەردەمی شا و رژێمەکەی و تەنانەت پاش هەرەس هێنانیشی، هەر مایەوە، جگە لەوەی کە ئەم کێشەیە یەکێکە لە چەندەها هۆ کە بوونە مایەی تەقینەوەی ململانێی ئەم دواییە. ئەمەش ئەو تیۆرییەی رژێم پوچەڵ دەکاتەوە کە گوایە شۆڕشی کورد هاوکات بووە لەگەڵ هەڵایسان و بەردوامبونی جەنگی کەنداو. تەنانەت پاش راگرتنی شەڕیش لە نێوان هەردوو وڵاتی بەشەڕهاتوو بەپێی بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەستپێکردنی دانوستانی ئاشتی لە نێوانیاندا، ئەو دانوستانەی کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی پێش دەوروبەری بیست مانگ زۆر تەگەرە و کۆسپی هاتۆتە بەر رێ، مەسەلەی کورد تا ئەم ساتە هەر ماوە.

لە کاتێکدا کە هەوڵ و کۆششی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ زیندوکردنەوەی دەستپێشخەریی ئاشتی و دەستپێکردنەوەی دانوستان لە نێوان هەردوو وڵات لە ئارا دایە، گەلی کورد وەك گەلانی عیراق و ئێران، بەو چاوە سەیری هەڵکەوتنی چانسی ئاشتیی راستەقینە دەکات کە رێوشوێنێکی دانایانەیە بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایشی ناوچەکە و ئاسایشی خودی خۆی، بەو مەرجەی کە گەیشتن بە چارەسەرێکی سەرکەوتوو و سەقامگیر بۆ ململانێی نێوان وڵات، هاوتەریب بێ لەگەڵ چارەسەرێکی لۆجیکی و دادپەروەرانە بۆ مەسەلەی کورد بە چەشنێک کە لەگەڵ گیانی سەردەم و مافی مرۆڤ بگونجێ و مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق دەستەبەر بکات کە ئەمەش تاکە رێوشوێنە بۆ ئومێد هەڵچنین لەسەر دانوستانی ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایشی

ناوچەکە.

سەرچاوە: رۆژنامەی «شەرارە»، ژمارە ٥، ئایاری ١٩٩٠، ل ١و ١٠-١١.

تێبینی: وتارەکە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە و نوسەرەکەی عەباس بەدرییە.

## نوێبون (گۆڤار)




گۆڤارێکی سیاسی و روناکبیریی وەرزییە، بەشی روناکبیریی مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٣ دا دەری کردووە. لە یەکەم سەروتاری گۆڤارەکەدا هاتووە کە «پەیام و دروشمەکانی ئەم گۆڤارە دەبنە عەقلانیەت، ناسنامە و فەرهەنگ، ئازادی، بەشداری، راوێژکاری و پەیوەندی و کاریگەری بۆ نوێ کردنەوەی هەموو ئاست و رەهەند و لایەنەکانی کوردەواری». گۆڤارەکە بە یەکێ لەو گۆڤارانە دادەندرێ کە سەرکەوتوو بووە لە بەدیهێنانی ئەرکەکانی خۆی و گەیاندنی پەیامەکەیدا، هەروەك رۆڵێکی دیاریشی لە بڵاوکردنەوەی کەلتوری ئاشتی و پێشکەوتن و لێبوردەییدا هەبوە.

مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەیە. ئەنوەر ساڵح عەزیز سەرنوسەری گۆڤارەکەیەو ئازاد تۆفیق جێگری سەرنوسەرە. گۆڤارەکە دەستەی نوسەرانی نەبوە. لە بری دەستەی نوسەران، دەستەیەکی راوێژکارانی هەبوە کە سود لە تواناو شارەزایی ئەندامەکانی وەرگیراوە.

لەم گۆڤارە ١٩ ژمارە دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە پایزی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووەو ژمارە ١٩ کە دوایین ژمارەیە، لە حوزەیرانی ٢٠١٣ دەرچووە.

گۆڤارەکە پانتاییەکی فراوانی بۆ شرۆڤە و تاوتوێ کردنی چەند بوارێکی گرنگی رۆشنبیریی سیاسی تەرخان کردووەو لە گۆشە نیگای تێڕوانینێکی پێشکەوتنخوازانەوە راو نۆڕینەکانی دارِشتووە. بە شێوەیەکی تایبەت گرنگیی بە بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێکی دیاریکراو داوە لەوانە سۆسیال- دیموکراسی، سۆسیۆلۆژیای گەشەپێدان، دیاردەی تیرۆر، کۆمەڵی مەدەنی، مافەکانی ژنان، چەمکی لێبوردەیی، تیۆریی دادپەروەری، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چاکسازی و مەرجەکانی، ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی دیموکراسی، هەروەك بوارێکی فراوانیشی بۆ توێژینەوەی پرسە نەتەوەییەکان رەخساندووە لەوانە پرسەکانی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستانی باکور، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە کەرکوك، پرۆژەی دەوڵەتی کوردی، رۆڵی حزب لە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا.

ژمارەیەکی زۆری نوسەران و لێکۆڵیاران بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە لەوانە کامەران محەمەد، بەرزان ئەحمەد کوردە، هیوا عەزیز، ئەکرەمی میهرداد، دکتۆر رێبوار

کەریم مەحمود، دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی، ستران عەبدوڵڵا، ئازاد تۆفیق، سلێمان مستەفا، نەوزادی موهەندیس، محەمەد کەریم مەحمود، دکتۆر وەلی مەحمود حەمەد، فەیسەڵ عەلی خورشید، ئومێد قەرەداغی، عوسمان حەسەن شاکر، عەتا قەرەداغی، عەبدولڕەحمان کەریم دەروێش، خالید سلێمان، حەسەن یاسین، بەرزان فەرەج، دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، دکتۆر عابد خالید رەسول، دکتۆر کارزان محەمەد، ئاری عومەر، دکتۆر محەمەد کەساس، دانا ئەحمەد مستەفا، عەبدولخالید سابیر، دکتۆر ئاراس فەریق زەینەل.

گۆڤارەکە بە بەراورد لەگەڵ گۆڤارە رۆشنبیرییەکانی تر، زیاتر بایەخی بە بڵاوکردنەوەی فایل و سازکردنی مێزگردو دیداری رۆشنبیری و چاوپێکەوتن داوەو خواستیار بووە لەم رێگایەوە بۆچونە جیاوازەکان و تێڕوانینە هەمەجۆرەکان سەبارەت بە هەندێ بابەتی دیاریکراو بخاتە بەر دیدی خوێنەرانی. لە بابەتە تاوتوێکراوەکاندا شرۆڤەی وردو شیکردنەوەی قوڵ پێشکەش کراوە لەوانە بابەتەکانی حزب و چاکسازیی هێڵی فیکری لە ژمارە ٤، کوردو ئیسلام لە ژمارە ١١، سەروەریی یاسا لە ژمارە ١٣، ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەت لە ژمارە ١٦، پلورالیزم لە ژمارە ١٨، رۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئایندەی ژیانی سیاسیدا لە ژمارە ١٩. لەو مێزگردو دیدارە رۆشنبیری و چاوپێکەوتنانەدا ژمارەیەکی بەرچاوی رۆشنبیران و پسپۆران بەشدارییان کردووە لەوانە دکتۆر یوسف گۆران، رەنج جەعفەر، دکتۆر عادل باخەوان، دکتۆر ئارام محەمەد قادر، جەمیلە مەحمود کەریم، رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، جەمال حسێن، دکتۆر سەربەست نەبی، دکتۆر شاهۆ سەعید، رێبین ئەحمەد هەردی، فوئاد مەجید میسری.

گۆڤارەکە بەشی عەرەبیی هەبوو کە هاوشێوەی بەشە کوردییەکە، بە هەمان ئاراستەو تێڕوانین پەیامی خۆی گەیاندووە. زۆربەی ئەو بابەتانەی لەو بەشە بڵاوکراونەتەوە، تایبەت بون بە هەندێ بابەتی وەك بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا، تیۆریی زانین، چەمکی مۆدێرنێزە، کوردستانیبونی کەرکوك، گۆڕانی کۆمەلایەتی، جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت. ژمارەیەك نوسەرو لێکۆڵیار کە هەندێکیان عەرەبن، بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە ئیحسان عەبدولهادی سەلمان، دکتۆر رێبوار کەریم مەحمود، دکتۆر موحسین محەمەد حسێن، زیا حەبیب تۆفیق، دانا عەلی ساڵح، دکتۆر روخۆش غەریب.

بەشی عەرەبی تا ساڵی ٢٠١٠ بەردەوام بووە. لە ژمارە ١٠ بە دواوە گۆڤارەکە بە بێ بەشی عەرەبی دەرچووە.

هەرچەند گۆڤارەکە لە یەکەم ژمارەوە وەك گۆڤارێکی وەرزی خۆی ناساندووەو بەم پێیە دەبوایە لە هەر ساڵێکدا چوار ژمارەی لێ دەرچێ، بەڵام بە کردەوە نەیتوانیوە وەرزەکانی دەرچونی بە رێکوپێکی کۆنترۆڵ بکا. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٣ دا کە ١٩ ژمارەکەی لێ دەرچووە، تەنها لە ساڵی ٢٠١٢ توانراوە چوار ژمارەی لێ دەرچێ. لە ساڵەکانی تردا بەمجۆرە دەرچووە: لە ساڵی ٢٠٠٧ دا کە ساڵی بەراییە یەك ژمارەی لێ دەرچووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ دا سێ ژمارە، لە ساڵی ٢٠٠٩ دا سێ ژمارە، لە ساڵی ٢٠١٠ دا سێ ژمارە، لە ساڵی ٢٠١١ دا سێ ژمارە، لە ساڵی ٢٠١٣ کە دوا ساڵی دەرچونێتی تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە.

سیستمی دیاریکردنی کاتی دەرچونی ژمارەکان بە باشی رێك نەخراوە. لە ژمارەکانی ١، ٣، ٤ دا سیستمی وەرز- ساڵ بەکار هاتووە. لە ژمارەکانی ٢، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١ و ١٥ تەنها ساڵی دەرچون دیاری کراوە. لە ژمارەکانی ٥، ٦، ١٢، ١٣، ١٤، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩ سیستمی مانگ- ساڵ بەکار هاتووە.

ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە جێگیر نیە. زۆربەی

ئەو ژمارانەی کە لاپەڕەیان زۆرە، لەو ژمارانەن کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ دەرچون. لە ناو ئەو ژمارانەی کە لەو ماوەیەدا دەرچون، ژمارەکانی ٣، ٤ و ٦ زۆرترین لاپەڕەیان هەیە و یەك لە دوای یەك ژمارەی لاپەڕەکانیان ٣٨٢، ٤٠٨ و ٣٥٤ لاپەڕەیە. لە بەرامبەردا ژمارەکانی ١٢، ١٦ و ١٩ کەمترین لاپەڕەیان هەیەو یەك لە دوای یەك ٢٣٨، ٢١٨ و ١٧٨ لاپەڕەیان هەیە. بەم پێیە، ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە کەوتۆتە نێوان ١٧٨ و ٤٠٨ لاپەڕە.

تەکنیکی گۆڤارەکە لە روی دیزاین و بەکارهێنانی وێنەو شێوەکارەوە تەکنیکێکی پێشکەوتووەو بەپێی قۆناغەکان کاروبارە هونەرییەکان لەسەر دەستی ساڵح قادر، ئالان قادر رەحیم و هەرێم عوسمان راپەڕێندراون. تیراژی گۆڤارەکە کەوتۆتە نێوان ١٠٠٠ تا ١٥٠٠ دانە. هەموو ژمارەکان لە سلێمانی لە چاپخانەکانی دلێر، شڤان و یاد چاپ کراون. گۆڤارەکە بە قەوارەی ١٦ بە ٢٢,٥ سم دەرچووە.

دوا ژمارەی گۆڤارەکە بۆ ساڵوەگەڕی ٣٨ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەرخان کراوەو چەردەیەك بابەتی بەپێزی تایبەت بەم بۆنەیە لەو ژمارەیە بڵاوکراوەتەوە.

## نەبەز رەشید ئەحمەد



پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو فەرمانەدەی تیپ. ناوی تەواوی مەحمود رەشید ئەحمەد. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی سلێمانی. تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندویەتی.

ساڵی ١٩٦٤ لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لە ناوچەی پێنجوێن بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٦٦ لە قۆناغی ئاگربرو ئاشتیی نێوان بزوتنەوەی کوردو حکومەتی عیراقدا، بۆتە سەرباز لە سوپای عیراقدا و ساڵی ١٩٦٨ ماوەی یاسایی خزمەتی سەربازیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ بۆ جاری دووەم پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووەو بۆتە پێشمەرگە لە سنوری پێنجوێن. هەر ئەو ساڵە لە شەڕی چیای زۆزك بە چەکی فسفۆری بریندار بووەو لەم سۆنگەیەوە لەبەر سەختیی برینەکەی و پێویستیی بە چارەسەری درێژخایەن، لە شاری خانە لە ئێران چارەسەری وەرگرتووە.

ساڵی ١٩٧٥ لە رێی شاسوار جەلالەوە پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. لەو ماوەیەدا و لە کاتێکدا کە کار بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار دەکرا، ئامادەیی بۆ پێشمەرگایەتی و تێهەڵچونەوەی خەباتی چەکدار دەربڕی. ساڵی ١٩٧٦ لە چوارچێوەی بەرنامەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، لەگەڵ هەر یەك لە ستار سەعید خەڵەف، کەریم دادە مەنە، فایق شەفیق، تەها باراوی و ئیحسان نەجم محێدین ناسراو بە ئەبو شەهاب مەفرەزەیەکی سەرەتایی لە ناوچەی پشدەر پێك هێنا و ژیانی پێشمەرگایەتیی لە بارودۆخێکی ئێجگار دژواردا دەست پێ کرد.

ساڵی ١٩٧٧ کرایە فەرماندەی مەفرەزە، هەر ئەو ساڵەش کرایە فەرماندەی کەرتی ١ی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ. ساڵی ١٩٧٨ لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی هەکاریدا کە ئامانجەکەی چنگ کەوتنی بڕێکی زۆری چەك بوو کە نیاز وا بوو لە قامشلۆوە لە سوریا بە ناو خاکی تورکیادا، بە یارمەتیی کوردی تورکیا، بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە لەسەر سنوری عیراق-

تورکیا، لەگەڵ هێزەکەی خالید سەعیددا بەرەو سنوری عێراق- تورکیا بەڕێ کەوت. لەو ئۆپەراسیۆنەدا توشی چەرمەسەری و نەهامەتییەکی زۆر هات و لە ١٩ی حوزەیراندا ئەو هێزەی ئەوی تێدا بوو، لە دەربەندێکدا کەوتە بۆسەی هێزە خێڵەکییەکانی هەکاری و لە شەڕێکدا کە چەند سەعاتێکی خایاند، لەگەڵ دەیان پێشمەرگە بە دیل گیرا و خرایە زیندانەوە. پاش دەوروبەری مانگێك، بە یارمەتیی دوو بەرپرسی باڵای ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کە هاوڕێیان بون، لەگەڵ هەر یەك لە عوسمان قالە منەوەرو بابە تاهیر دەرباز بون، پێکەوە خۆیان گەیاندە دیوی ئێران و لەوێوە بە شەش ڕۆژ گەیشتنە بارەگای سەرکردایەتی لە قەندیل.

ساڵی ١٩٧٩ کرایە جێگری فەرماندەی هەرێمی ٤ی دۆڵی جافایەتی. ساڵی دواتر لە پێکدادانێکدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق لە گوندی باڵخ لە ناوچەی ماوەت، بریندار بوو.

ساڵی ١٩٨١ بە هۆی خراپیی تەندروستییەوەو بۆ چارەسەر، لە ڕێی ئێرانەوە چوو بۆ هۆڵاند، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٤دا پاش وەرگرتنی چارەسەری پێویست، لە کاتی ئاگربڕو دانوستانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراق، گەڕایەوە بۆ کوردستان و کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ. ساڵی ١٩٨٥ بووە فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان. هەمان ساڵ بۆ سورداش گوێزرایەوەو لەوێ لێپرسراوەتیی فەرماندەیی تیپی ٢٣ی سورداشی لە ئەستۆ گرت. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦دا بە تۆمەتی دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ گروپی «ئاڵای شۆڕش» دەستگیر کرا. بەڵام لەم رووەوە هیچی لەسەر ساغ نەبۆوەو ئازاد کرا.

ساڵی پاشتر کرایە فەرماندەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس. هەر لەو ماوەیەدا نۆکەرێکی رژێمی بەعس لە گوندی مەرگەی بناری چیای ئاسۆس ئەوو خێزانەکەی و عومەر جەیران و عوسمان قالە منەوەری ژەهرخواردوو کرد. لەم سۆنگەیەوە خۆی و خێزانەکەی بە پەلە برانە ئێران و لەوێ چارەسەری پێویستیان وەرگرت. دوای سێ مانگ گەڕایەوە کوردستان و فەرماندەیی تیپی ٤٣ ی ئاسۆسی لە ئەستۆ گرتەوە. لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٨ ی دۆڵی جافەتیدا لە بەرەی بەرگەڵوو رۆڵێکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراقدا گێڕا و هەر لەو شەڕانەدا لە گوندی شاناخسێ بە چەکی کیمیایی بریندار بوو. لە قۆناغی پاش شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لە شاری سەقز نیشتەجێ بوو.

لە ساڵی ١٩٩١ دا پێش ڕاپەڕین، بووە راوێژکاری عەسکەریی نەوشیروان مستەفا. هەر ئەو ساڵە بەشدارییەکی کارای لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی راپەڕیندا کرد، لە رانیەی دەروازەی راپەڕینەوە تا کەرکوك. لە شەڕی چیمەن جارێکی تر بە سەختی بریندار کرایەوە. پاش راپەڕین کرایە فەرماندەی فەوجی ١ ی پارێزگاریی سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٣ بە هۆی هەندێ کێشەی ناوخۆییەوە، وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.

## نەبی محەمەد نەبی



پێشمەرگەی دێرین. ناسراو بە مەلا نەبی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی گوندی پشتاشانی ناوچەی ئاکۆیەتی. ساڵی ١٩٦٥ لە گوندەکەی خۆی

خراوەتە بەر خوێندن و تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە. دواتر چۆتە حوجرەو لەوێش دوو ساڵی دیکەی خوێندووە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە مەفرەزەکەی خالید سەعید، ئەندامی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، پێشمەرگایەتیی کرد. هەر ئەو ساڵە هێزەکانی عیراق، لە چوارچێوەی بەرنامەی هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، لەشکرکێشییەکی فراوانیان کردە سەر کوانووەکانی هێزی پێشمەرگە. بۆ خۆلادان لە پێکدادان و خۆپاراستن، مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار کە ژمارەی پێشمەرگەیان دەوروبەری سەد پێشمەرگە دەبوو، بەرەو چیای قەندیل کشانەوە. بەڵام لەبەر سەختیی ئاووهەوا، شەش پێشمەرگە لە ناو بەفر رەق بونەوەو هێزەکە بە ناچاری بڵاوەی لێ کردو پێشمەرگەکانی گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان، لەم سەروبەندەدا مەلا نەبیش گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی. بەڵام دوای رۆژێك هێزەکانی حکومەت دەستگیریان کردو بەرەو بەندیخانەی رانیە راپێچیان کرد. لەوێوە لەگەڵ نزیکەی ١٠ گیراوی دیکە، بە هەلیکۆپتەر گوازرایەوە بۆ کەرکوك. لەوێ ئەو تۆمەتەی خرایە پاڵ کە دەستی لەپشتگیری کردنی هەوڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار هەیە. پاش ٩٦ رۆژ بەندکردن و لێکۆڵینەوە، هیچی لەسەر ساغ نەکرایەوە، خۆیشی دانی بەوەدا نەنا کە نیازی پێشمەرگایەتیی هەبوە، بەڵام دەزگا ئەمنییەکان ئەوەیان لەسەر چەسپاند کە خزمەتی سەربازیی نەکردووە، بۆیە دوای ئازادکردنی، چوو بۆ خزمەتی سەربازی و رەوانەی بەسرە کرا. دوای سێ مانگ گوێزرایەوە بۆ کەرکوك و پاشان بۆ بەغدا.

هەر ئەو ساڵە لە دەرفەتێکی گونجاودا وازی لە سەربازی هێنا و گەڕایەوە بۆ پشتاشان و لەوێ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوەو بووە پێشمەرگە لە کەرتی یەکی هەرێمی پارێزگاری. ساڵی ١٩٨٢ گوازرایەوە بۆ کەرتی ٢ی تیپی مەڵبەندی دوو.

سەرەڕای ئەرکی پێشمەرگایەتی، بە سود وەرگرتن لە بەهرەکانی بۆ چاککردنەوەی چەکە لەکارکەوتووەکان رۆڵی چەخماخچیو چەکسازی بینیوە. لەم روەوە لە ساڵی ١٩٨٣دا وەرشەیەکی لە گوندی سەرکەپکان بۆ چاککردنەوەی چەکە لەکارکەوتووەکانی هێزی پێشمەرگە دامەزراند. ساڵی دواتر وەرشەکەی بۆ گوندی پڵینگان گواستەوە. ساڵی ١٩٨٦ بە هۆی هەلومەرجی شەڕەوە، بۆ جاری سێیەم ناچار بوو وەرشەکە بۆ شوێنێکی لەبارتر بگوازێتەوە. ئەمجارە وەرشەکەی لە گوندی زارگەلی دامەزراند. بەڵام لەوێش بە هۆی تۆپبارانی بەردەوامەوە شوێنەکەی بەجێ هێشت و وەرشەکەی بردە گوندی پشتاشان.

ساڵی ١٩٨٨ پاش پەرەسەندنی جەنگی کیمیایی لە دژی کورد، ئامێرو دامو دەزگاکانی وەرشەکەی لە دەوروبەری پشتاشان شاردەوەو خۆیشی چووە ئێران.

لە ئێران چەند جارێك تەنگی پێ هەڵچنرا چونکە گەری ئەوەی پێ دەکرا کە چەکە لەکارکەوتووەکانی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری کوردی ئێرانی لە وەرشەکەی چاك کردۆتەوە. لە ڕاستیدا وەرشەکەی هەمیشە دامەزراوەیەکی چالاك و کارا بووە. ئەوەش بۆ خۆی نیشانەی کاراییە کە لە ساڵی ١٩٨٩دا دەوروبەری ١٨٠٠ چەکی خراپی چاك کردۆتەوە.


لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا کە تێیدا کوردستان لە هێزەکانی حکومەتی عیراق ئازاد کرا، ژمارەیەکی زۆری ئەو پێشمەرگانەی کە بە ئەرکی پێشمەرگانە بۆ ناوچەکان دابەزین، چەکە چاککراوەکانی وەرشەکەی ئەویان پێ بوو. خودی خۆیشی وەك فەرماندەی

کەرتی ١ی بەتالیۆنی ٥٧ی بێرمکە بەشداریی لە ڕاپەڕیندا کرد.

پاش ڕاپەڕین وەرشەکەی لە پشتاشانەوە گواستەوە بۆ چوارقوڕنە. ساڵی ١٩٩٤ کرایە فەرماندەی تیپ لە لەشکری ٤ی باڵەك و ساڵی ١٩٩٧ کرایە جێگری فەرماندەی لەشکری پشدەر. ساڵی ٢٠٠٢ بە پلەی عەمید خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠١٤ بە شێوەیەکی خۆبەخش وەرشەیەکی بۆ چاککردنەوەی چەکی خراپ بۆ لیوای تایبەتی ٣٧ دروست کرد.

## نەجم ئەحمەد حسێن*



فەرماندە. ناسراو بە مەلا نەجم. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٥ی گوندی بالیسان لە ناوچەی خۆشناوەتی. ساڵی ١٩٧٢ خراوەتە بەر خوێندنی ئاینی.

پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، کاتیك لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو لە کۆمیتەی ڕاپەڕین ڕێك خرا.

ساڵی ١٩٨٤ خوێندنی مەلایەتیی تەواو کرد. هەر ئەو ساڵە لەگوندی بالیسان خێزانی پێکهێنا و ماڵی بۆ گوندی حوجرانی بناری چیای سەفین گواستەوە. لەو ماوەیەدا ئیمام و خەتیبی گوندەکە بوو، بەڵام زۆر جار لە کۆڕێ و پیرمامیش لە ڕۆژانی هەینی خوتبەی هەبوو. وتارەکانی ڕۆژی هەینیی بۆ هۆشیارکردنەوەو بەرزکردنەوەی ورەی هاووڵاتیان و پەرەپێدانی گیانی بەرخودان و بەرگری تەرخان کردبوو، بۆیە بەردەوام لە ژێر چاودێریی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی عیراقدا بوو، فشارێکی زۆری لەسەر بوو تا واز لە وروژاندنی خەڵکی بێنێ. وتارەکانی، ناوبانگێکی زۆریان لە ناوچەکە بۆ دروست کرد.

ساڵی ١٩٨٧ پاش ئەوەی گوندی بالیسان درایە بەر چەکی کیمیایی، لەگەڵ ژمارەیەك مەلا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا وەك کادیرێکی بەتواناو مەلایەکی کراوە چالاکیی نواند. وەك چۆن لە حوجران و کۆڕێ و پیرمام خۆشەویستیی خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، لەپێشمەرگایەتیش زوو جێی خۆی لە دڵی خەڵکەکەدا کردەوە. لە ساڵانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ژمارەیەکی زۆر شەڕو نەبەردی کردوە لەوانە شەڕەکانی کێل کێل، سەری جوانەگا، دۆڵی ئالانەو لە تۆپخانەی شۆڕشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە.

ساڵی ١٩٨٧ پێشنیاری دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانی خستە بەردەم سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕەزامەندیی لەسەر پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە بەدەست هێنا. بەم پێیە، وەك ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە کەوتە کارکردن و لە ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٨٧ لەگوندی خەتێ دامەزراندنی ڕێکخراوەکە ڕاگەیەنرا.

پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور لە ساڵی ١٩٨٨، بە خێزانەوە ئاوارەی ئێران بوو، لەئۆردوگای دیڵزێ گیرسایەوە، بەڵام بەردەوام بوو لەسەر ئەرکەکانی وەك پێشمەرگە. لە مانگی ئابدا لەگەڵ دەستە پارتیزانەکاندا چوو بۆ دۆڵی شاورێ و دۆڵەڕەقەو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە کردو بەرنامەی قۆناغی پاش ئەنفالەکانی بۆ ڕوون کردنەوە.

له ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، له قوڵی شەقڵاوه ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی و له کاتی کۆڕەوه ملیۆنییەکەدا له شەڕی دەربەندی کۆڕێ ڕۆڵێکی جوامێرانەی نواند. پاش ڕاپەڕین له ماوەی نێوان ١٩٩١- ١٩٩٤ لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقڵاوه بوو. له مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤، له کاتی هێرشی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر شەقڵاوه، سەرەڕای بەربڵاویی هێزی هێرشکەرو بچوکیی هێزەکانی ناو شەقڵاوه، لەگەڵ پێشمەرگەکانی تردا دوو ڕۆژ بەرگرییان کردو دواتر توانییان بۆ بەرەی هیران- شەقڵاوه بکشێنەوه.

لەو ماوەیەدا کرایه فەرماندەی لەشکری هەورێ و پاشان کرایه ئەندامی فەرماندەیی یەك. به فەرماندەیی ئەو، هێزی پێشمەرگه توانی دەست بەسەر کەپکی حەمەد ئاغاو بەشێکی زۆری چیای بەنی هەریردا بگرێ.

له هەڵمەتی گەردەلولی تۆڵەدا له ساڵی ١٩٩٦، ڕۆڵێکی گەورەی له شەڕی گمۆ هەبوو. ئەم شەڕە ڕێی بۆ پێشڕەویی هێزی پێشمەرگه خۆش کرد.


له هەڵمەتی گەردەلولی دووەمی تۆڵەدا له ساڵی ١٩٩٧، ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو سەرکەوتنانەدا بینی که هێزی پێشمەرگه بەدەستی هێنان. له ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ له چیای بەنی هەریر شەهید بوو.

پاش شەهیدبوونی به ساڵێك، ئیبراهیم بالیسانی کتێبێکی دیکۆمێنتاری به ناونیشانی «ئیرۆن: چەپکه گوڵەکانی خۆشەویستی بۆ مەلا نەجم» له سلێمانی دەربارەی ژیان و چالاکییەکانی بڵاوکردەوه. کتێبەکه بریتییه له چەردەیەك بیرەوەری به شێوەی چاوپێکەوتن و وتار که هاوڕێکانی بەشدار بوون لەگێڕانەوەیدا لەوانه کۆسرەت ڕەسول عەلی، ئازاد جندیانی، مستەفا سەید قادر، مستەفا چاوڕەش، سەعدی ئەحمەد پیره، تۆفیق کانی وەتمانی، موحسین بایز، مەحمود سەنگاوی، عەبدوڵڵا بۆر، تۆفیق خدر، نیشتمان مورشید، عەبدوڵڵا کانی بەردی، کاوه محەمەدو حەلیمه ئەحمەد حەمەدی خێزانی شەهید.

بابەتی پەیوەندیدار:

* گەردەلولی تۆڵه (ئۆپەراسیۆن).
* یەکێتیی فەقێیانی کوردستان.

## نەجمەددین بیووک کایا*



هەڵسوڕاوی سیاسی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ی گوندی کەرەهان له قەزای سوێرکی سەر به پارێزگای ئورفه له کوردستانی باکوور. ناسراو به نەجۆ و له ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا به سەڵاح. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی له شاری دیاربەکر، ساڵی ١٩٦٦ له کۆلێجی یاسای زانکۆی ئیستانبول درێژەی بەخوێندن دا.

ساڵی ١٩٦٩ یەکێك بوو لەو ١٣ خوێندکارەی که کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتیان دامەزراند که کورتکراوە تورکییەکەی دەدەقەدەیەو بووه سەرۆکی کۆمەڵەکه.

پێش ئەوەی خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، له ١٢ی ئازاری ١٩٧١ فەرمانی دەستگیرکردنی له لایەن حکومەتی کودەتای ساڵی ١٩٧١ەوه بۆ دەرچوو، بۆیه بۆ دەرەوەی وڵات رایکردو ساڵی ١٩٧٢ لەسوید گیرسایەوه. ساڵی ١٩٧٤ پاش ئەوەی حکومەتی بۆلەنت ئەجەڤیت لێبوردنی گشتیی بۆ هەموو ئەو

کەسانە دەرکرد کە بە هۆی سیاسەتەوە گیرا بوون یان رایان کردبوو، گەڕایەوە بۆ تورکیاو بووە ئەندام لە باڵی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بە سەرکردایەتیی سەعید قرمز توبراخ ناسراو بە دکتۆر شڤان. دواتر دەستی لەکار کێشایەوەو هاوکاریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لە هەوڵەکانیدا بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار.

لە ساڵانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧دا رۆڵێکی کارای لە دابین کردنی پێداویستییە لۆجیستییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ناو تورکیا گێڕا، لەوانە بردنی یەکەم پۆلی پێشمەرگە بە فەرماندەیی برایم عەزۆ کە ژمارەیان ٣٧ پێشمەرگە بوو، لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بۆ کوردستانی عیراق و هەروەها گەیاندنی چەندین بارە چەك لە سوریاوە بۆ ناوچەی بادینان. ساڵی ١٩٧٧یش بەشێکی ئەرکی بە سەلامەتی گەیاندنی تاڵەبانیی لە ئیستەمبولەوە تا سەر سنوری عیراق- تورکیا گرتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٧٩، پاش روخانی رژێمی شای ئێران، لە ئۆپەراسیۆنێکی کەم وێنەدا توانیی بڕێکی زۆر چەکی سوك لە شاری قامیشلۆی سوریاوە بەناو خاکی تورکیادا بگوازێتەوە و بیگەیەنێتە سنوری ناوچەی سۆمای کوردستانی ئێران. لەوێ، پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وەریانگرت و گەیاندیانە شاری نەغەدە و پاشان بە ڕێوشوێنی تایبەت گەیاندیانە خڕی ناوزەنگ و رادەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان کرد.

ژیانی نەجمەددین بیووك کایا دیوێکی شاراوەی هەیە کە کەمتر بایەخی پێ دراوە یاخود کەمتر زانراوە، ئەویش خەمخۆریو پەرۆشیی بووە بۆ پاراستنی دیکۆمێنتە کەلتورییەکانی کوردو لەم رووەوە ناوی بە رۆژنامەی کوردستانەوە دەبەسترێتەوە کە ئەو یەکێك بووە لەو خەمخۆرانەی کە رۆڵێکی دیاریان



لە دۆزینەوەی ژمارە ونبووەکانی ئەو رۆژنامەیەدا هەبوە. دکتۆر کەمال فوئاد لە ساڵی ١٩٩٨ دا لەو پێشەکییەی کە بۆ خولی سێیەمی رۆژنامەی «کوردستان»ی نوسیوە، دەیگێڕێتەوە کە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٦دا یانزە ژمارەی ونی ئەو رۆژنامەیەی لە دیمەشق لە نەجمەددین بیووك کایا وەرگرتووە کە لە کوردستانی باکورەوە بە قاچاخ لەگەڵ خۆی هێنا بوونی بۆ سوریاو مێژوی ئەو یانزە ژمارەیە بۆ ساڵانی ١٩١٧-١٩١٨ دەگەڕێتەوە. دواتر لە ساڵی

١٩٨٠دا، بۆ یەکەم جار، لە وتارێکدا کە دکتۆر کەمال فوئاد لە لەندەن لە گۆڤاری «چریکەی کوردستان» بڵاوی کردەوە، ئاماژە بە دۆزینەوەی ئەو ١١ ژمارەیە کرا. پاشانیش لە ساڵی ١٩٩٨ دا لە دوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی «کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٩١٧-١٩١٨» لە سلێمانی، لە سەدەمین ساڵڕۆژی دەرچونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەدا، بڵاو کرانەوە.

پاش کودەتای ساڵی ١٩٨٠ی تورکیا کە حکومەتە مەدەنییەکەی سلێمان دەمیرێلی روخاند و سوپای تورکیای بە سەرکردایەتیی جەنرال کەنعان ئیڤرین هێنایەوە سەر کار، هەڵسوڕانی سیاسی و ژیانی حزبایەتی قەدەغە کرا و شاڵاوێکی دڕندانە کرایە سەر هەڵسوڕاوانی کوردو چەپەکان و دیموکراتەکان. کایا لەو هەلومەرجە سەختەدا بەردەوام بوو لەسەر هەڵسوڕانی سیاسی و بەرهەڵستیی فەرمانڕەوایی عەسکەرتاریای کرد، بەڵام لە کۆتاییدا، لە ساڵی ١٩٨٢دا، بە تۆمەتی بانگەشەکردن بۆ مافی چارەی خۆنوسینی کوردو سۆسیالیزم، دەستگیر کراو لە بەندیخانەی دیاربەکر زیندانی کرا. لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٨٤دا لە روداوێکی نەخشە بۆ داڕێژراودا خۆی و چەند هاوڕێیەکی لەناو بەندیخانە کوژران.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەیاننامەیەکی لەم بارەیەوە دەرکرد کە خودی تاڵەبانی نوسی بوی، تێیدا رژێمە عەسکەرتارەکەی تورکیاو شاڵاوی داپڵۆسین و پێشێل کردنی ئازادییە سیاسییەکانی شەرمەزار کرد. بەیاننامەکە لەدەستدانی کایای وا ناوزەد کردووە کە «زیانێکە وا زوو پڕ ناکرێتەوە» و پێشنیاری کرد رۆژی شەهیدکردنی کە کەوتۆتە ٦ی کانونی دووەم بکرێتەوە «ڕۆژی هاوخەباتی و هاودەردی»ی نێوان کوردستانی باشورو کوردستانی باکور.

## پاشکۆ

### بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی
### شەهیدبونی نەجمەددین بیووك کایا و هەڤاڵەکانییەوە

ماوەیەك لەمەوبەر حکومەتی رەفتار فاشیستی تورکیا تاوانێکی گەورەی تریشی خستە سەر تاوانە بەردەوامەکانی خۆی دژی گەلی کوردستانی داگیرکراوی بە زۆر بە تورکیاوە بەستراو.

تۆرانییە رەفتار فاشیستەکانی تورکیا جارێکی تریش دەستی خۆیان سور کردەوە بە خوێنی گەشی چەندین قارەمانی تری جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان کە سەرقافڵەکەیان رۆڵەی دڵسۆزو خەباتگێڕی شۆڕشگێڕو سەرکردەیەکی هێژای کوردستان کاك نەجمەددین بیووك کایای ناسراو بە کاك سەلاح لە کوردستانی ئێران و عیراق بوو.

رۆژی ٦ی کانونی دووەمی ١٩٨٤ شاری قارەمانی ئامەد (دیاربەکر) کە یەکێکە لە شارە مێژوویی و خەباتگێڕە ناودارەکانی کوردایەتی، دیسان کرایەوە بە کۆڕی نەبەردێکی خوێناوی لە نێوان ژاندارمە فاشیستەکانی تورکیاو رۆڵە تێکۆشەرەکانی کوردستان کە بە زۆری زۆردار خرابونە زیندانی بەدناوی دیاربەکرەوە. سەدان زیندانیی سیاسیی کورد دەمێك بوو لەو زیندانە مانیان گرتبوو لە دژی رەفتاری دڕندانەی ژاندارمەکان و لەپێناوی ئەوەدا کە هیچ نەبێ لە زینداندا مافی ئینسانی بەندکراوی ئەم سەردەمەیان پێ رەوا ببیندرێ.

بەڵام فاشیستەکانی تورکیا کە تەنانەت مافی کوردبون بۆ پتر لە ١٥ ملیۆن کورد ناسەلمێنن، بە گوللەو ئاگر بەر بونە گیانی رۆڵە دلێرەکانی

کوردستان لە زیندانی دیاربەکریش. هەر لە بەرەبەیانی ٦ی کانونی دووەمی ١٩٨٤دا ئاگریان بەردایە ٣ قاوشی گەورەی زیندانەکەوە، پاشان بەر گوللەشیان دان تاکو رۆڵە زیندانییەکانی گەلەکەمان لە ناو ئاگر بسوتێنن. لە ئەنجامی ئەم رەفتارە درندانەو ئەم هێرشە نامەردانەیەی جەللادەکانی تۆرانی، پتر لە ٢٠ رۆڵەی دڵسۆزی کورد شەهید کران و دەیانی تریش بریندار بون کە لە ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٨٤دا لاشەی ئەم سێ قارەمانەیان دایەوە بە کەسوکاریان:

١-شەهید نەجمەددین بیووك کایا سکرتێری کۆمەلا ئازادییا کوردستان (کاك).

٢-شەهید یلماز دیریم لە پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا.

٣-شەهید خەلیل چارباخ لە پارتی کرێکارانی کوردستان.

دەنگیش بڵاوە کە کاك مەهدی زانا سەرۆکی هەڵبژێردراوی بەلەدیەی دیاربەکریش یەکێك لە شەهیدەکانی تریش بێت.

بەمجۆرە، ئەمجارەش حکومەتی داگیرکەری تورك بە بەر چاوی هەموو گەلانی دنیاوە، قەسابخانەیەکی تری دانایەوە بۆ دەیان رۆڵەی خەباتگێڕو هۆشیاری کوردستانی داگیرکراوی تورکیا. بەم تاوانەشی دەریخستەوە کە ئەو حکومەتە داگیرکەرەی نۆکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی ئیستعماری لەگەڵ کوردستانە کۆلۆنییەکەی خۆی رەفتار دەکات و بێ گوێدانە مافەکانی مرۆڤ و بێباك لە قانونی نێودەوڵەتان و بە پێچەوانەی راگەیاندنی مافی مرۆڤ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە شێوەیەکی درندە و هار بەربۆتە گیانی رۆڵە ئازادیخوازەکان و دیموکرات و سۆشیالیستەکانی کوردستان، لە هیچ تاوان و کوشت و کوشتارێك بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کوردو جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان، سڵ ناکاتەوە. هەروەك تورکیاشی کردۆتە بنکەیەکی جەنگ و پیلانگێڕیی کۆنەپەرستانە دژی گەلانی رۆژهەڵات و وڵاتانی ئاشتیخوازی دنیا.

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

سەدان ساڵە حکومەتە داگیرکەرەکانی تورکیا خاکی کوردستانیان داگیر کردووەو خەڵکەکەی دەچەوسێننەوەو مافە نەتەوایەتییەکانیان زەوت دەکەن. حوکمی رەفتار فاشیستی ئێستای تورکیاش هەر درێژەدانە بە حوکمی کۆنەپەرستی عوسمانلی کە مایەی کوێرەوەری و زوڵم و زۆرو چەوساندنەوەی درندانە بوو، بۆ چەندین نەتەوەی تریش وەك عەرەب و ئەرمەن و یۆنان و بولگارو ئەلبان کە تا ئێستاش ، بە هاوبەشی کردن لە پلانە ئیمپریالیستەکاندا، هەر دوژمنایەتییان دەکات و هەر مافەکانی گەلی ئەرمەن داگیر دەکات.

هەر بۆیە حکومەتی تورکیا گەورەترین و پیسترین دوژمنی سەرسەختی نەتەوەی کوردو جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی رەنجدەرانی تورکیا و گەلانی رۆژهەڵاتەکەمانە، نەك هەر لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتێکی سەرمایەدارو کۆلۆنیالی و رەفتار فاشیستی گرێدراوە بە ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە ئێستا وەك گورگە بۆرەی هار و درندە بەربۆتە گیانی نەتەوەی کوردو شۆڕشگێڕو سۆشیالیستەکانی تورك، بە دەیان هەزاریان لێ زیندانی دەکات و دەیان هەزاری تریان لێ دەربەدەرو هەزارانیشیان لێ شەهیدو سورگوم دەکات.

لە دژی بەشەکانی تری کوردستان و شۆڕشگێڕانی رۆژهەڵاتیش هەموو هێزو توانای خۆی ساز داوەو خۆی داموساندووە بۆ هەڵکوتانە سەر کوردستانی عیراقیش لە یەکەمین دەرفەتدا. پەلاماری پاری بۆ سەر ناوچەی بادینانی خۆشەویست، پراوەی

بەجێهێنانی ئەو نەخشە سامناك و گڵاوەی حوكمی تۆرانییەكان و چڵێسیی سەرمایەدارە چاوچنۆكەكانی توركیایە كە مرخی خۆیان لە نەوتی كەركوك و سامانی كوردستانی عیراق خۆش كردووە.

لەمەشدا ئەم راستییەمان بۆ دوپات دەبێتەوە كە حكومەتی توركیا دوژمنی هەموو خەڵكی كوردستان و عیراقەو هەمیشە خەتەرێكی گەورەیە لەسەر جوڵانەوەی رزگاری و دیموكراتیی گەلەكەمان و لەسەر سەربەخۆیی و خاكی عیراقیش.

هەڤاڵان

پێشمەرگە قارەمانەكان

كارەساتی زیندانە خوێناوییەكەی دیاربەكر نەك هەر زیانێكی گەورەی لە هێزە سیاسییە تێكۆشەرەكانی كوردستانی توركیا دا، بەڵكو زەرەرێكی گەورەو راستەوخۆشی لە شۆڕشی كوردستانی عیراق و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و هێزی پێشمەرگەی كوردستان و خەباتی یەكگرتوی بەشەكانی جوڵانەوەی رزگاری و دیموكراتیی هەموو خەڵكی كوردستانیش دا. هەروەك لەدەستدانی هەڤاڵی هێژاو رۆڵەی قارەمانی كوردایەتی و خەباتگێڕی شۆڕشگێڕی رێگەی سۆشیالیزم كاك نەجمەددین بیوك كایا كە هەر بە راستی رەمزی ئەو هاوخەباتییە بوو، زیانێكە وا زوو پڕ ناكرێتەوە.

كاك نەجمەددین هەر لە سەرەتای ژیانی سیاسیی خۆیەوە، لە شەستەكاندا كاتێ كە لە زانكۆی ئەستەمبول قوتابیی كولیەی حقوق بوو، وەك تێكۆشەرێكی نەبەز و بەجەرگ و دلێری رێگەی رزگاری و دیموكراسی و سۆشیالیزم ناوی دەركرد. هەر بە هۆی چالاكی و دڵسۆزی و لێوەشاوەیی و كارایی خۆشییەوە، بە سەرۆكی یەكێتیی خوێندكارانی كورد لە زانكۆی ئەستەمبوڵ هەڵبژێردرا و لە چالاكیی دیموكراتی و سیاسی و شۆڕشگێڕانەشدا رێبەر بوو. لە كۆبونەوەكان و مانگرتن و خۆپیشاندانەكانیش رێكخەرێكی هێژاو بەڕێوەبەرێكی زانا بوو. هەر بۆیەش فاشیستەكانی توركیا زۆر لێی داخدار بون. لە دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیاش بە رێبەریی شەهید دكتۆر شڤان كە بە دەستی سەركردایەتیی كوردكوژو شۆڕشفرۆشی بارزانی شەهید كرا، هەڤاڵ نەجمەددین كادیرێكی ئازا و چالاك بوو.

بۆ بەشداری لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵكی كوردستانی عیراقیش هاتە كوردستانی عیراق بەڵام زۆری نەخایاند سەركردایەتیی نیشتمانفرۆشی بارزانی بە فیتی سیای ئەمریكاو میتی توركیا كەوتە راونانی ئەو تێكۆشەرانەی كوردستانی توركیاو دەرپەڕاندنیان. هەر لەو ماوەیەشدا كاك سەلاح بوو بە دڵسۆزو هاریكارێكی كۆڵنەدەرو هۆشیاری كوردایەتیی راستەقینە لە كوردستانی عیراق، هەروەك لە نزیكەوەش راستییەكانی رەفتاری خێڵەكیی بارزانیی بۆ دەركەوت كە نۆكەری ئیمپریالیزمی ئەمریكاو شای ئێران و دۆستی حوكمی رەفتار فاشیستی توركیا بوو. هەر لەو ساوەشەوە دڵی ئەم رۆڵە هۆشیارەی كوردایەتی پڕ بوو لە خۆشەویستی و هەستی دڵسۆزانەی هاوكاری و هاوخەباتی لەگەڵ كۆمەڵانی خەڵك و شۆڕشگێڕانی كوردستانی عیراق. هەر لەبەر ئەوەش بوو كە لە دوای ئاشبەتاڵە ئابڕوبەرەكەی سەركردایەتیی خێڵەكیی بارزانی، وەك كوردپەروەرێكی شۆڕشگێڕی كوردستانی، دەستی دایە خەباتێكی نەپساوە بۆ هەڵساندنەوەو بوژاندنەوەی كوردایەتی و جۆشدانەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵكی كوردستان. ئەوە بوو هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پێكهێنانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و خۆسازدانەوە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە كوردستانی عیراق، كاك نەجمەددینی دلێرو قارەمان بە هەموو جۆرو شێوەیەك قۆڵ و بازوی جوامێریی

لێ هەڵکرد بۆ دەربازکردنی کادیرو پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بۆ دەربازکردنی چەك و فیشەك بۆ شۆڕشی دیموکراتی نوێی گەلەکەمان. ئەمە جگە لە هەوڵ و خەباتی بێوچانی بۆ پتەوکردنی هاوخەباتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی تورکیا.

شەهیدی نەمر کە لە ناو ئێمە بە سەلاح ناسرا بوو، بە دەستی خۆی دەیان کادیرو دەیان پێشمەرگەی کوردستانی عیراقی بە خاکی کوردستانی تورکیا دەرباز کردووە. بە کۆڵی خۆی سەدان پارچە چەك و دەیان سندوق فیشەکی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان گواستۆتەوە. ئیمرۆش سەدان پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان ئەو چەکانەیان بەدەستەوەیە، بەو چەکانە شەڕیان کردووە کە بە کۆڵ و شان و بازوی ئەو رۆڵە قارەمانەی کوردستان گەیەندراونەتەوە لای ئێمە.

هەروەك شەهیدی نەمرمان دۆست و هاوکاری شەهیدانی نەمر برایم عەزۆو تاقمە قارەمانەکەی و مولازم حەسەن خۆشناو و حسێن بابە شێخ و هەڤاڵەکانیان بوو کە هەمویان بە دەستی تاوانبارانی سەرکردایەتیی خێڵەکیی بارزانیی کوردکوژو شۆڕشفرۆش، بە دەستی ئەو جاشە خائینانەی مێژوی کورد، شەهید کران. وا ئێستاش گیانی پاکی هەمویان لە بەهەشتی نەمریدا پێك شاد دەبنەوە، هەروەك لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەشدا هاوڕێ و دڵسۆزی هەتا سەری یەکتر بون.

هەرچەند کوژرانی رۆڵەی نەتەوەی کورد کاك نەجمەددین بیوك کایاو چەندین خەباتگێڕی تری کوردستان بە دەستی خوێنخۆرەکانی سەر بە ئیمپریالیزم زیانێکی گەورەیە بۆ کوردایەتی و سۆشیالیزم و کەلەبەرێکی زل دەخاتە ریزی سەرکردەکانیەوەو شوێنێکی دیار لە بەرەی خەباتی یەکگرتوی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی گەورە بەجێ دێڵێ، بەڵام بێگومان خوێنی گەشی کاکە سەلاح و هاوڕێکانی بەفیرۆ ناچێ. ئەو خوێنە هەر بەنزینەو بەسەر گڕی شۆڕشی رزگاری و دیموکراسی و سۆشیالیزمدا دەکرێ، پتر کڵپەی پێ دەگرێ و زیاتر بڵێسەکەی بڵند دەکات و زۆرتر مەشخەڵەکەی لە ئاسمانی کوردستاندا بەرز دەکاتەوە بۆ باشترو زۆرتر راماڵینی شەوەزەنگی داگیرکردن و زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و چینایەتی و ناساندنی دۆست و دوژمن و هۆشیارتر کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و بەهێزترکردنی پەیوەندیی ئۆرگانیکی و لەپساندن نەهاتوی نێوان هەموو بەشەکانی کوردایەتی و بەدیهێنانی مافی رەوای چارەی خۆنوسین بۆ نەتەوەی کوردو بەرەو پێش بردنی کۆمەڵ بەرەو دیموکراسی و سۆشیالیزم .

هەڤاڵان

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کاتێکدا بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەو هەواڵە دڵتەزێنەی شەهیدکرانی کاك نەجمەددین بیوك کایاو هاوڕێکانیتان پێ رادەگەیەنێت و لە کاتێکدا سەرەخۆشی لە ئێوەو لە خۆی و لە هاوڕێیانی کۆمەلا ئازادییا کوردستان و پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیاو پارتی کرێکارانی کوردستان و کەسوکاری شەهیدەکان و هەموو خەڵکی کوردستانی داگیرکراوی تورکیا دەکات، ئەم راستییەشتان دەخاتە بەرچاو کە ئەمرۆ لە هەموو کاتێکی تر زیاتر، نەتەوەی کورد پێویستی بە هاوخەباتی و هاریکاریی نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان هەیە. ئەمرۆ پێویستمان بە هاوکاریی خەباتگێڕانی کوردستانی تورکیا هەیە کە بەشی گەورەی نەتەوەی کوردمان لەوێ یەخسیرو ژێردەستەی فاشیستەکانی تورکیایە. بۆیە لەسەر هەموو هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان

پێویسته به هەموو هێزو توانایانەوە، به هەموو جۆر و شێوەیەك یارمەتیی خەباتی گەلی كوردستانی توركیا بدەن و پشتیوانیی لێ بكەن چونكه ئەمه شەرتێكی سەرەكیی رزگاریی كوردستان و بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەی كوردە، هەروەك شەرتێكی سەرەكیی پاراستنی كوردستانی عیراق و یەكێتیی نیشتمانیی عیراقیشه له دەستدرێژی و پەلاماری حوكمی توركیای سەر به ئیمپریالیزمی ئەمریكا كه به تەمایه دەوری ژاندارمی ئیمپریالیزم له رۆژهەلاتەكەمان یاری بكات و نەهێڵێت خەباتی گەلی كورد له هیچ بەشێكی كوردستان سەركەوێت.

جا بۆ رێزگرتن له خەبات و فیداكاریی كاكه نەجمەددین بیوك كایای هەڤاڵی دێرین و هاورێی خۆشەویستمان و هەڤاڵه شەهیدەكانی و بۆ دەربرین و جۆشدانی هاوخەباتی لەگەڵ خەباتگێرانی كوردستانی توركیا، یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بڕیاری دا كه هەموو ساڵێك رۆژی رەشی ٦ی كانونی دووەم بكاته رۆژی هاوخەباتی و هاودەردی لەگەڵ خەڵكی كوردستانی داگیركراوی توركیا تا لەو رۆژەدا كۆبونەوە، خۆپیشاندان، سیمینارو پیشانگا ساز بكرێ و رێك بخرێ بۆ جۆشدانی هاوخەباتیی نێوان هەموو بەشەكانی كوردستان بەگشتی و لەگەڵ خەڵكی كوردستانی ژوروو به تایبەتی.

ئێمەش كه مێژوی خەباتی كورد شەرەفی رێبەریی شۆڕشی دیموكراتی خەڵكی كوردستانی عیراقی پێ رەوا بینیوین، بەڵێن دوپات دەكەینەوە كه هەتا سەر، هەتا سەركەوتن، هەتا رزگاری، هەر دڵسۆزەكەی كوردایەتی و شۆڕش و هاوخەباتیی نێوان بەشەكانی جوڵانەوەی رزگاری و دیموكراسی و سۆشیالیستیی كوردستان بین.

مەكتەبی سیاسیی
یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان

## نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا



نوسەرو پێشمەرگە. لەدایكبوی ساڵی ١٩٥٦ی شاری كەركوك. هەر سێ قۆناغی خوێندنی له كەركوك تەواو كردووە. ساڵی ١٩٧٢ چوەته ریزی یەكێتیی قوتابیان و پارتی دیموكراتی كوردستانەوە. ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی به رێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە كردووە. ساڵی ١٩٧٤ بوەته ئەندامی كۆمیتەی شاری كەركوك و هەر لەو ساڵەشدا دەستی به نوسینی سیاسی كردووە. له ئازاری ١٩٧٤دا، به رێنمایی شەهاب شێخ نوری، یەكەمین لیژنەی ناوچەی نهێنیی خوێندكارانی له كەركوك دامەزراندو خۆی سەرپەرشتیی كرد. لەم ماوەیەدا یەكەم بلاوكراوەی هەواڵنامەی بۆ رێكخستنەكانی كۆمەڵه له كەركوك دەركرد كەدوو ژمارەی لێ دەرچووە.

ساڵی ١٩٧٥ بۆ رێكخستنەكانی بەغدا گوێزرایەوە. لەگەڵ دەستپێكردنی گەورەترین شالاوی گرتنو راوەدونانی ئەندامانی كۆمەڵەدا، بۆ ماوەیەك ناچار بوو بچێته قۆناغی خۆشاردنەوە. له كۆتایی ئەو ساڵەدا بەشدار بوو له دامەزراندنەوەی كۆمیتەی بەغدا. خانەقینی كۆمەڵەدا.


له تەموزی ١٩٧٦دا له یەكەمین مەفرەزەی سەرەتاییدا له گەرمیان بووە پێشمەرگه بەلام له كۆتایی هەمان ساڵدا رەوتی رووداوەكان و پێویستیی قۆناغەكه وا كەوتەوە كه بگەڕێتەوە بۆ ناو شار و له رێكخستنەكاندا درێژه به خەباتی نهێنی بدات، به تایبەتی كه دەزگا ئەمنییەكان تا ئەوكاته زانیارییان

سەبارەت بە پەیوەندی کردنی بە هێزی پێشمەرگەوە پێنەگەیشتبوو.

ساڵی ١٩٨١ کاتێك شاڵاوی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوك لە دژی ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ئاگر دەستی پێکرد، لە ساڵی سێیەمی خوێندنی کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدا بوو. بەهۆی شاڵاوەکەوە وازی لە خوێندن هێنا، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ گیرسایەوە. لەم ماوەیەدا لە دەزگای لێکۆڵینەوەی زانستیی سەر بەدەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵە کاری کرد. نۆبەرەی بەرهەمەکانی دەزگاکە کە نامیلکەیەکە بە ناونیشانی «سیاسەتی بەعەرەب کردن لە کەرکوك» ئەو نوسیویەتی. ساڵی ١٩٨٢ وەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی خولی دووەمی گۆڤاری «کۆمەڵە» چوار لێکۆڵینەوەی لەو گۆڤارە دەربارەی دابەزینی نرخی دراو لە عیراق و یاسای ژمارە ٩٠ و کۆلۆنیالیزم بڵاو کردەوە.

لە بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیدا لەو بڕوایەدا بوو کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران دەبێ ڕادیکاڵترو خاوەنی ناسنامەیەکی چینایەتیی ڕونتر بێ. ئەمەش وای کردووە وردە وردە لەکۆمەڵە دور بکەوێتەوە. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢دا لەکۆبونەوەیەکدا کە لەگوندی مەلا سەفیی ناوچەی بنگرد بەسترا، لەگەڵ چەند کادیرێکدا ڕێکخراوێکی چەپی ڕادیکاڵتری بە ناوی «بەرەی ڕزگاریی زەحمەتکێشان» (بەرزە) پێك هێنا. ساڵی ١٩٨٦ بەشدار بوو لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا «یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستی»ی پێك هێنا. ساڵی ١٩٨٨ خۆی و هاوڕێکانی ئەم ڕێکخراوەشیان هەڵوەشاندەوەو لێرە بە دواوە ئەو بۆ خۆی لە پابەندبونی ڕێکخراوەیی چەپە ڕادیکاڵەکان کشایەوە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا یەکێ بوو لە ڕێکخەرانی جوڵانەوەی شورایی. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا گەڕایەوە




بۆ ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٩٢ کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ٢ی ڕێکخستنی کەرکوك و هەر ئەو ساڵە یەکەمین ڕێکخراوی مەدەنیی لە بواری مافی مرۆڤ کەتایبەت بوو بە مافی ئەنفالکراوەکان بە ناوی «کۆمیتەی بەرگری کردن لە مافەکانی قوربانیانی ئەنفال» لە شاری هەولێر دامەزراند. ساڵی ١٩٩٤ کرایە ئەندامی مەکتەبی هۆشیاریو ساڵی ١٩٩٥ بووە ئەندامی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٥ ئەرکی سەرنوسەری گۆڤاری «پێشمەرگە»ی گرتە ئەستۆ و لەم سەروبەندەدا بووە جێگری لێپرساوی مەڵبەندی پێشمەرگە بۆ کاروباری هۆشیاریی سیاسیو ڕاگەیاندن.

ساڵی ١٩٩٧ چووە هۆڵەندا و تا ساڵی ٢٠١١ لەوێ مایەوە. لەم ماوەیەدا لە هۆڵەندا بڕوانامەی دبلۆمی PDB ی لە بواری ژمێریاریو کۆمپانیاکان لە زانکۆی ئیراسمۆس بەدەست هێنا. پاش گەڕانەوەی

بۆ کوردستان، کرایە ئەندامی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران. ساڵی ٢٠١٣ لە پاڵ کارکردنی لەئەکادیمیای هۆشیاری، لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی «دەزگای خەندان»ی گرتە ئەستۆو لە هەمان کاتدا لەگۆڤاری «کەوانە»دا وەك ئەندامی دەستەی نوسەران کاری کرد.

دیارترین بەرهەمەکانی: «تونی مەرگ: هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی رژێمدا» (چاپی یەکەم ١٩٩٥)، «بازرگانیی چەك لە جیهاندا» (٢٠١٢)، «مافی بڕیاردانی چارەنوس لە نێوان تیۆریو پراکتیکدا» (٢٠١٢).

بابەتی پەیوەندیدار:

*پێشمەرگە (گۆڤار).

## نەخشە ڕێگای چارەسەری کێشەکان




نەخشە ڕێگایەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئازاری ٢٠١٧دا بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان رایگەیاندووە. ئامادەکردنی نەخشە ڕێگاکە لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیاری لێ دراوەو لیژنەیەکی ئامادەکاری لە هەر یەك لە مەلا بەختیار، عومەر فەتاح، قادر حەمە جان، عیماد ئەحمەدو رەفعەت عەبدوڵڵا بۆ پێك هێنراوە. ئەرکی نوسینی نەخشە ڕێگاکە بە مەلا بەختیار سپێردرا. لە ٤ی کانونی دووەمی ٢٠١٧دا نەخشە ڕێگاکە لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ دە پسپۆرو مامۆستای زانکۆکان لەوانە دکتۆر یوسف گۆران و دکتۆر دڵشاد عەبدولڕەحمان و دکتۆر ئومێد رەفیق، تاوتوێ کرا.

لە٢٢ی شوباتدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ تاوتوێ کردنی نەخشە ڕێگاکە کۆ بۆوە. ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە دوتوێی سێ دانیشتندا کە دەوروبەری ١٠ کاژێری خایاند، چوار سێکتەری نەخشە ڕێگاکەی تاوتوێ کرد. لەکۆبونەوەکەدا گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل و گەرم و گوڕ دەربارەی نەخشە ڕێگاکە هاتە ئاراوەو دواتر کۆبونەوەکە بە پەسندی زانی لیژنەیەك بۆ پێداچونەوەو هەمەوارکردنەوەی نەخشە ڕێگاکە پێك بهێنرێ. هەر لەو کۆبونەوەیە لیژنەکە لە فەرید ئەسەسەردو پەروین کاکە حەمە پێك هات.

لە ٢٥ی شوباتدا کۆبونەوەیەکی تر کە درێژەپێدەری کۆبونەوەی پێشوو بوو، بۆ تاوتوێ کردنی ئەو چوار سێکتەرە بەسترا کە لە نەخشە ڕێگاکە مابوو. لەو کۆبونەوەیەش گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر نەخشە ڕێگاکە کرا.

لیژنەی پێداچونەوەی نەخشە ڕێگاکە لە ٢٦ی شوباتدا دەستی بە کارەکانی کردو لە ٤ی ئازاردا کۆپییەکی هەموارکراوی ئامادە کرد. لە ١٣ی ئازاردا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ تاوتوێ کردنی کۆپیی هەموارکراوی نەخشە ڕێگاکە کۆبۆوەو

پاش شەن و کەو کردن و پێداچونەوەی، خرایە دەنگدان و بەکۆی دەنگ پەسند کرا. کۆبونەوەکە داوای لە لیژنەکە کرد لە کاتی ئامادەکردنی کۆپیی تازەی نەخشە ڕێگاکەدا، تێبینی و پێشنیارە تازەکان لەبەرچاو بگرێ. لە ١٨ی ئازاردا لیژنەکە کۆپییەکی تازەی ئامادە کردو بەسەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا دابەشی کرد. لەوێوە نەخشە ڕێگاکە بۆ ئەنجومەنی ناوەند نێردرا. لە ٢٦ی ئازاردا ئەنجومەنی ناوەند کۆپییە نێردراوەکەی تاوتوێ کردو هەندێ تێبینیی لەسەر تۆمار کرد، بەڵام لە کۆتاییدا بە زۆرینەی دەنگ پەسندی کرد.

لە ٣٠ی ئازاردا لیژنەی پێداچونەوە لە بارەگای سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان لە گەڕەکی ڕاپەڕین، کۆبۆوە و لەبەر ڕۆشنایی تێبینییەکانی ئەنجومەنی ناوەند دەستکاریی نەخشە ڕێگاکەی کرد. لە ١ی نیساندا کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی کۆتا کۆپیی نەخشە ڕێگاکەی پەسند کرد. لە ٣ی نیساندا دەقی نەخشە ڕێگاکە لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاوکرایەوە.

نەخشە ڕێگاکە لە ٨ سێکتەر پێك هاتووە کە تایبەتن بە پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان، دۆخی کوردستان و ناوچەکە و جیهان، کێشەی سێ سەرۆکایەتییەکە، کێشەی ئابوری، نەوت و گاز، کێشەی موچەو گوزەرانی خەڵك، چاکسازی، ناوچە دابڕێندراوەکان و پرسی سەربەخۆیی. بۆ هەر یەك لەم مەسەلانە، نەخشە ڕێگاکە چارەسەری گونجاوی پێشنیار کردووە.

نەخشە ڕێگاکە جەختی کردۆتە سەر پێویستیی پێداچونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان «لەسەر بنەمای هاوسەنگی و شەراکەتی ڕاستەقینە و سازانی سیاسی»، ئەویش بۆ «چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانو پتەوکردنی پەیوەندییەکە». هەروەها نەخشە ڕێگاکە پابەندبونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەو ڕێککەوتنە دوپات کردۆتەوە کە لە ١٧ی ئایاری ٢٠١٦دا لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان واژۆ کراوە.

سەبارەت بە کێشەی سێ سەرۆکایەتییەکە، واتە سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی حکومەت، نەخشە ڕێگاکە بە بایەخێکی زۆرەوە ئەم بابەتەی تاوتوێ کردووەو چۆتە سەر ئەو باوەڕەی کە چارەسەرکردنی ئەم بابەتە «گرێ کوێرەی کێشەکان دەکاتەوە»و لەم سەروبەندەدا پێشنیاری کردووە سێ سەرۆکایەتییەکە بەسەر سێ لایەنە سەرەکییەکەدا دابەش بکرێن.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابوری، نەخشە ڕێگاکە چەردەیەك هەنگاوی بە پێویست زانیوە، زۆریش جەختی کردۆتە سەر پێویستیی دەستەبەرکردنی شەفافیەت لە بواری نەوت و گازدا. هەروەها چەند میکانیزم و هەنگاوێکی گرنگی بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی و بەڕێوەبردنی پرۆسەیەکی ڕاستەقینەی چاکسازی پێشنیار کردووە. سەبارەت بە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان و پرسی سەربەخۆییش، نەخشە ڕێگاکە گەڕاندنەوەی ناوچە جێناکۆکانی بۆ سەر کوردستان بە «ئەرکێکی نیشتمانی» ناساندووەو حکومەتی فیدرالی بەوە تۆمەتبار کردووە کە لە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠دا «کەمتەرخەم» بووە، هەروەك سەربەخۆیی کوردستانی بە مافێکی «دیموکراتییانەو ڕەوا» ناسیوەو ڕێوشوێنی «سیاسی و دیموکراتی و ئاشتییانە»ی بۆ بەدی هێنانی پەسند کردووە.

تێبینییەکانی ئەنجومەنی ناوەند چەند بابەتێکی گرنگیان گرتۆتەوە لەوانە قەدەغەکردنی شەڕی ناوخۆو کاراکردنەوەی لیژنەی نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان.

## پاشکۆی ژمارە ١

### ڕاگەیەندراوی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

گەلی ئازادیخوازی کوردستان!

پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان!

لە هەلومەرجێکی پڕ ئەگەری جۆراوجۆری سیاسی و سەختی گوزەرانی خەڵك و نزیکبونەوە لە سەرکەوتن بەسەر داعشدا، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی، بە سەرپەرشتیی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی، هەڤاڵ کۆسرەت رەسول عەلی، لەسەر گەڵاڵەی نەخشە ڕێگەی یەکێتی، کۆبوونەوەیەکی گرنگی ئەنجام دا.

گرنگ، لەبەر ئەوەی گوزەرانی خەڵك و کێشەی موچەو پاشەکەوتی موچە، خەمی سەرەکیی یەکێتییەو سەرکردایەتی، لە چەندین بڕگەی نەخشە ڕێگاکەدا، باسی کردووەو پێشنیازی چارەسەری کردووە.

گرنگ، لەبەر ئەوەی دۆخی ناوچەکە، دوای سەرکەوتن بەسەر داعش، دەرگای ئەگەری جۆراوجۆرو نیگەرانی دەخاتە سەر پشت، بەڵام مەخابن، هێزە کوردستانییەکان لە بنبەستی سیاسی دەرباز نەبون.

گرنگ چونکە، یەکێتی لە هەناوی خۆیدا، کێشەی هەبوو، بە پشوو درێژی و پەرۆشی، کۆبوونەوەکە ئەنجام دراو بڕیاریش دراوە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزینەوەو دڵی یەکێتییەکان و دۆستان و پشتیوانان خۆش و ئاواتی دژو نەیارانیش بنێژین.

جەماوەری کۆڵنەدەر!

سەبارەت بەکێشەی موچەی فەرمانبەران و کرێکاران و تێکڕای موچەخۆران، لە کاتێکدا کۆبوونەوە بە ئومێدەوە دەڕوانێتە چاکسازیی داوو دەزگاکان و سیستەمی بایۆمەتری و بەرزبونەوەی نرخی نەوت و داهاتی حکومەت، لە هەمان کاتدا، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پێی وایە، هەر چی زووتر، بەکردەوە هەنگاوی چارەسەری کێشەی خەڵك و موچەو بازاڕو بانکەکان بنرێ، باشترە. بەتایبەتی کێشەی پێدانەوەی پاشەکەوتی موچەو دڵنیایی چۆنییەتی چارەسەرکردنی پێویستە، چونکە ئەم کێشەیە بە قوڵی کاریگەریی لەسەر رای گشتی هەیە.

دەربارەی دۆخی سیاسیش، چەند سەرکەوتنی عەسکەری بەسەر داعشدا مێژووییە، لە هەمان کاتدا ئەگەری سیاسیی مەترسیداریش ناکرێ فەرامۆش بکرێ، بەتایبەتی لە ناوچەکەدا، کەین و بەینی مەترسیدار لە ئارای حکومەتە ئیقلیمییەکاندا هەیە، سەبارەت بە دوژمنایەتیی دیموکراسی و سەپاندنەوەی ڕێککەوتنی نەخوازراو.

لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکـان، لە کاتێکدا هیچ دەستەبەرێکی دیموکراتی لەگفتوگۆی ئیقلیمی و جیهانی نەزانراوە، جێی داخە هێزە کوردستانییەکانیش، لە هیچ بەشێکی کوردستاندا، کێشە ناوخۆییەکانیان چارەسەر نەکردووەو ئامادەی ڕووبەڕووبونەوەی هەر مەترسییەکی چاوەڕواننەکراویش نین.

لە باشوری کوردستاندا، هەوڵی بەرچاو دراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام نەگیشتۆتە ئەنجام.

سەرکردایەتیی یەکێتی، لە کاتێکدا تاقە ڕێگەی راستەقینە، بە دیالۆگی بێ مەرج بۆ چارەسەرەکان دەزانـێ، لە هەمان کاتدا، پێی وایە نەرمی نواندن لە دیالۆگی نیشتمانیدا، ئەرکی نەتەوەییە. بە پێچەوانەشەوە، سوور بوون لەسەر بڕیارو بەرنامەکانی پێشوو، نادیدە گرتنی مەترسییەکانی هەلومەرجەکەیەو زیانەکانی لەمەودوای ئەم جۆرە سیاسەتەی دوو ساڵی رابوردوو زیاتر دەبێ بۆ پرسی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا.

جەماوەری هۆشیار!

لە نەخشە ڕێگەی ئامادەکراوی یەکێتیدا، تەواوی جومگە هەستیارەکانی گرنگ بۆ گەلەکەمان، لە نەوت و گازەوە، بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، چارەسەری کێشەی سەرۆکایەتییەکان، حکومەتی هاوبەش و هاوسەنگیی راستەقینە، پەیوەندیی هەرێم و بەغدا، چاکسازی، پاکسازیی و نوێسازی، ریفراندۆم و سەربەخۆیی، تێکڕای ئەو پرسانە باس کراون و بەگیانێکی هەڤاڵانە، قسەیان دەربارە کرا و سەرەنجام، بڕیار دراوە، بە وەرگرتنی رەخنەو تێبینیی هەڤاڵانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، نەخشە ڕێگا کە دەوڵەمەند بکرێ و فۆرمیلە بکرێتەوە، بە ئومێدی ئەوەی دەرگای دیالۆگێکی فراوان بکرێتەوەو سازانی راستەقینە بۆ بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمان، بگەیەنینە ئەنجام.

بۆ ئاڵوگۆڕیش لە پۆستەکان و ئۆرگانەکان، سەرکردایەتی پەسەندی کردو بڕیارە، دوو لیژنە پێك بهێنرێ و لە نزیکترین کاتدا، سەرکردایەتی کۆ دەبێتەوەو لیژنەکان و نەخشە ڕێگا هەمووارکراوەکەش، دوا پەسند بکرێ.

یەکێتییە پەرۆشەکان!

کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، داخوازیی پەیتا پەیتای ئێوە بوو لە چەند مانگی رابوردوودا. وا کۆبونەوەکان ئەنجام دراون و گیانی نوێی هەڤاڵێتی، لە ناو کۆبوونەوەکاندا رەنگی دایەوە. ئەمەش مژدەیەکی گەورەی هەڤاڵانی سەرکردایەتییە بۆ جەنابی مام جەلال و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگەو تەواوی ئەندام و ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئەنجومەنی سەکردایەتیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٧/٢/٢٥

## پاشکۆی ژمارە ٢

## دەقی نەخشە ڕێگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکان

بە لەبەرچاو گرتنی هەستیاریی قۆناغی ئەمڕۆی کوردستان و پێویستیی گەیشتن بە چارەسەر بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان و بۆ هەنگاونان بەرەو کاراکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و دەزگا شەرعییەکان و دەستەبەرکردنی یەکڕیزیی نیشتمانی و کاری هەمەلایەنە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و یەکخستنی وزەو توانای هەموو لایەنەکان بۆ بەدی هێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەم نەخشە ڕێگایەی داناوە:

یەکەم: پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان

١-پەیوەندیی یەکێتی- پارتی بەپێی ئەرکەکانی قۆناغەکەو لەسەر بنەمای هاوسەنگی و شەراکەتی راستەقینە و سازانی سیاسی، سەراپا پێداچونەوەی پێویستە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کۆی کێشەکان و پتەوکردنی پەیوەندییەکە.

٢-یەکێتی پابەندبونی خۆی بە ڕێککەوتنەکەی ١٧ی ئایاری ٢٠١٦ لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان دوپات دەکاتەوە.

٣-یەکێتی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی تری کوردستان بە گرنگ و پێویست دەزانێ.

٤-قۆناغەکە پێویستی بە ڕۆڵێکی کاراتری یەکێتییە لەسەر ئاستی عیراق و هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان

لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسیی کوردستان و یەکخستنی ریزەکانیان.

٥-یەکێتی پشتگیریی چارەسەری ئاشتییانەو دیموکراتییانەی مەسەلەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکات بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و تایبەتمەندیی هەر پارچەیەك.

٦-رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بەجۆرێك کە لە خزمەتی ئاشتی و ئاشتەوایی نێوان لایەنەکاندا بێ.

٧-تەحریم کردنی شەڕی ناوخۆ پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە ١٩ی رێکەوتی ١٥ی ئابی ١٩٩٤ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

دووەم: دۆخی کوردستان و ناوچەکە و جیهان

بارودۆخی پاش تێکشکانی داعش و هەوڵی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ گەیشتن بە سازان لەگەڵ یەکتریدا و پەرەسەندنی رۆڵی هێزە گەورەکان لە ناوچەکەدا، کاریگەریی هەمەلایەنەی لەسەر رەوشی کورد دەبێ. ئەمە پێویست بەوە دەکات ئامادەکاری بۆ هەموو ئەگەرەکان بکرێت. لە دۆخێکی وادا چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان مەسەلەیەکی چارەنوسسازە، راگرتنی هاوسەنگیش لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکاندا زۆر گرنگە، هەروەك پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هێزە جیهانییە گەورەکان بایەخێکی زۆری هەیە.

سێهەم: کێشەی سێ سەرۆکایەتییەکە

چارەسەرکردنی کێشەی سێ سەرۆکایەتییەکە گرێ کوێرەی کێشەکان دەکاتەوە. یەکێتی دابەش کردنی سێ سەرۆکایەتییەکە بەسەر سێ لایەنە سەرەکییەکەدا بەپێی پێگە و قورسایی سیاسی، بە چارەسەرێکی گونجاو دەزانێ، بە ڕەچاوکردنی رۆڵ و پێگەی لایەنە سیاسییەکانی تر. قۆناغەکە تا هەڵبژاردنی داهاتوو بە قۆناغی گواستنەوە دەژمێردرێ و تێیدا پێویستە لایەنەکان لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکان رێك بکەون.

چوارەم: کێشەی ئابوری

کێشەی ئابوری لە هەرێم تەنها گرێدراوی کێشەی نەوت و گاز نیە بەڵکو کێشەی سیستمی دواکەوتووی حوکمڕانییەو خۆی لە نەبونی پلانی ئابوری و سیستمی بانکیی پێشکەوتوودا دەبینێتەوە. دابین کردنی ژێرخانێکی ئابوریی تۆکمە بۆ کوردستان و فرە کردنی سەرچاوەکانی داهات، تاقە دەستەبەری دورمەودایە، نەك تەنها پشت بەستن بە بودجەی حکومەتی ناوەند و داهاتی هەناردەکانی نەوت و گاز. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئەم هەنگاوانە پێویستن:

١-دانانی پلانێکی ستراتیجی بۆ ئابوریی هەرێم لەسەر ئاستی کورت مەودا و مامناوەند و مەودا درێژ بە پشت بەستن بە ئامارو زانیاری بۆ پەیکەربەند کردنەوەی حکومەت و دامەزراوەکانی بەپێی ئەو ئامانجانەی کەقۆناغەکە دەیانخوازێت.

٢-جێبەجێ کردنی یاسای کێبڕکێ و نەهێشتنی قۆرخکاریی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

٣-گرنگیدان بە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری لە ڕێی هاندانی کەرتی تایبەت و دابین کردنی ئاسانکارییەکی ئیداری و دارایی زۆرتر بۆی.

پێنجەم: نەوت و گاز

بۆ دەستەبەرکردنی شەفافیەت لە بواری نەوت و گازدا ئەم هەنگاوانە پێویستن:

١-پێکهێنانی لیژنەیەك لە پەرلەمانی کوردستان (دوای کاراکردنەوەی) بۆ وردبینی لە داهاتی نەوت و گازو پێداچونەوەی گرێبەستەکان و راگەیاندنی

ئەنجامی وردبینییەکە بە شێوەیەکی رون و شەفاف.
٢-جێبەجێ کردنی هەموو مادده و بڕگەکانی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و گازو یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٥ی سندوقی داهاتە نەوتی و گازییەکان.
٣-رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدرال لەسەر یاسای نەوت و گاز کەتێیدا مافە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگا نەوت بەرهەمهێنەکانی عیراق دەستەبەر بکرێن.
٤-زیادکردنی دەروازەکانی هەناردەکردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان.
٥- گرێبەستەکانی نەوت و گاز بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بن بۆ ئەوەی رێ لەو کێشە یاساییانە بگیرێ کەدەشێ زیانی دارایی گەورە لە هەرێم بدەن.
٦-وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تەنها ئەرکی سەرپەرشتی کردن و ئاراستەکردنی کۆمپانیا گشتییەکانی نەوت و گازی لەسەر شان بێ، ئەرکی بەرهەم هێنان و پاڵاوتن و فرۆشتن بەو کۆمپانیا گشتییانە بسپێردرێ، بەپێی یاسا.
٧-هاوکاری کردنی رێکخراوی دەستپێشخەریی شەفافیەتی پیشەسازییە دەرهێنراوەکان بۆ شەفاف کردنی پرۆسەی فرۆشتنی نەوت و گازی هەرێم و کارکردن بۆ بوونی هەرێم بە ئەندام لەو رێکخراوە.
شەشەم: کێشەی موچە و گوزەرانی هاووڵاتییان
قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری لەسەر موچەخۆران داناوەو ژیانی شێواندون. بۆیە هەتا قەیرانی دارایی و نرخی نەوت ئاسایی دەبێتەوە، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پێویستن:
١-کردنەوەی حیسابی بانکی بۆ فەرمانبەرانی هەرێم بۆ ئەوەی هەموو فەرمانبەرێك بزانێ چەندی بۆ پاشەکەوت کراوەو تاکو لەوەش دڵنیا بێ کە هیچی لێ نافەوتێ.
٢-پێداچونەوەی سیستمی پاشەکەوتی موچە بە جۆرێك کە هەنگاو بە هەنگاو پاشەکەوتی موچە هەڵبگیرێ.
٣-هەمواركردنەوەی یاسای خانەنشینی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە نێوان خانەنشینیاندا.
٤-کاراکردنەوەی دەستەی چاودێریی دارایی بۆ ئەوەی باشتر بتوانێ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.
حەوتەم: چاکسازی
پرۆسەی چاکسازی پێویستی بەم هەنگاوانەیە:
١- ئامادەکردنی پرۆژەیەکی گشتگیری پاك کردنەوەی داوودەزگاکانی حکومەت لە گەندەڵی، مشەخۆری، بیرۆکراسی و هەنگاونان بەرەو پشتبەستن بە تەکنەلۆژیای نوێ، بەپێی یاسا.
٢- دورخستنەوەی هەژمونی حزب و کاربەدەستانی حکومەت و حزبەکان لەسەر بازاڕو کارئاسانیی زۆرتر بۆ سەرمایەی بێگانەو سەرمایەگوزاری، هەروا پاراستنی مافی بەکارهێن و بەرهەمهێن.
٣-کاراکردنی دەسەڵاتی دادوەری و دورخستنەوەی لە دەستێوەردانی حزبی و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی کارکردنی و چەسپاندنی سەربەخۆیی تەواوی دامەزراوەکانی دادگا.
٤-پەیکەرەی وەزارەتی دادو ئەنجومەنی شورای هەرێم داڕێژرێنەوەو تەواوی جومگەکانیان وردتر ساغ بکرێنەوە.
٥-هەمواركردنەوەی یاسای داواکاری گشتی بەجۆرێك کە ببێتە هۆی بەرجەستەکردنی سەربەخۆیی دامەزراوەی داواکاری گشتی و جیاکردنەوەی لە وەزارەتی داد.
٦-پێداچونەوەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان

و زیادکردنی دەسەڵاتەکانیان بۆ باشتر رایی کردنی کاروباریان.

٧-دانانی بەرنامەیەك بۆ کاراکردنی کەرتی تایبەت بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەندێك لە کێشەکانی بازاڕو داهات و مووچە.

٨-هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس پۆشتەتر بکرێن و پێداچونەوە بە موچەکانیاندا بکرێ بە مەبەستی چاك کردنی گوزەرانیان و دەستەبەرکردنی ژیانی کەسوکاری شەهیدان و چارەسەرکردنی بریندااران.

٩-هاندانی دەزگا بەرپرسەکان بۆ زیاتر بایەخدان بە ژینگەو رێکخستنی کاروباری ژینگە پارێزی بەپێی یاسا.

١٠-رێکخستنی پەیوەندیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و کارەبا بە جۆرێك کە ئەم دوو وەزارەتە بتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی ئەکتیڤتر جێبەجێ بکەن.

١١-ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکان لە وادە دیاریکراوەکانی خۆیاندا و هەمەوارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن.

١٢-پێکهێنانی حکومەتە خۆجێکان بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

١٣-مامەڵەکردن لەگەڵ میدیاکان وەك دەسەڵاتی چوارەم بەپێی گیانی سەردەم و لە چوارچێوەی ئیتیك و یاسا پەیرەوکراوەکاندا و رێ گرتن لە پێشێل کردنی ئازادییەکان و کارکردن بۆ راستکردنەوەی دیاردە نەشیاوەکانی شێوەی کارکردنی میدیاکان.

١٤-کاراکردنەوەی لیژنەی نوسینی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان.

هەشتەم: ناوچە دابڕێنراوەکان و پرسی سەربەخۆیی

١- گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەرکێکی نیشتمانییە. حکومەتی فیدرال کەمتەرخەمیی لە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠دا کردووە، بەمەش دەستوری پێشێل کردووە. بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیەو کۆتایی هێنان بەم پێشێل کردنەی دەستور، یەکێتی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ بەزوترین کات بە پێویست دەزانێ.

٢-سەربەخۆیی مافێکی دیموکراتییانە و رەوای گەلی کوردستانە. ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی وەك مافی چارەنوسی گەلی کوردستان لە هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی تر ئامانج و دروشمی یەکێتییەو بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجەش یەکێتی سور دەبێ لەسەر خەباتی سیاسی و دیموکراتی و ئاشتییانەی خۆی.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## بەیاننامەی ئەنجومەنی ناوەند دەربارەی پەسندکردنی نەخشە رێگای چارەسەری کێشەکان

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

کادیرو ئەندامان و لایەنگرو دۆستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەنجومەنی ناوەند خۆی بە خۆشحاڵ دەزانێت کە دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆرو نێوەندگیرییەکی هەڤاڵانە لەپێناوی رێکخستنی ناو ماڵی یەکێتی و دواجار پێشکەشکردنی پرۆژەیەکی هاوسەنگ و بێلایەن بە هەڤاڵە پەیوەندیدارەکان و سەرجەم ئۆرگانەکانی یەکێتی، سەرەنجام نەخشە رێگایەك لەدایك بوو کە دەبێتە بناغە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان.

هەنگاوەکانی چۆنیەتیی گەڵاڵەکردن و تاوتوێکردن و پاشان بڕیاردان لەسەری لە

چوارچێوەی جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی و بەپێی سیستمی ئۆرگانێکی و لە ئەنجامی هەماهەنگییەکی پتەوی نێوان ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی لە نێوان ئۆرگانە باڵاکانی یەکێتی، زەمینەسازییەکی رەخساند کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ببێتە خاوەن بڕیارو سیاسەتێکی رۆشن سەبارەت بە کێشە سیاسی و یاسایی و دارایی و ئابورییەکان و کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان و گوزەرانی هاووڵاتییان و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

پێشتر لەسەر رەشنووسی نەخشە رێگاکە ئەنجومەنی ناوەند کۆمەڵێك سەرنج و تێبینیی بۆ دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ناردبوو، ئەمڕۆش لە کۆبوونەوەی فراواندا پاش هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردن و مشتومڕێکی زۆر بە زۆرینەی دەنگی هەڤاڵانی ئەنجومەنی ناوەند بە کۆمەڵێك تێبینییەوە نەخشە رێگاکە پەسەند کرا.

بە مەبەستی رێکخستن و داڕشتن و ئامادەکردنی ئەو تێبینییانە، لیژنەیەکی ١٣ کەسی پێك هێنرا کە وەك پاشکۆیەك لەگەڵ نەخشە رێگاکە دەنێردرێت بۆ سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

هەروەها ئەنجومەنی ناوەند میکانیزمێك دادەنێت بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی نەخشە رێگاکەو بە وردی چاودێریی جێبەجێکردنی دەکات.

بەمەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێتە خاوەن نەخشە رێگایەکی فەرمی، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا شاندێکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە نەخشە رێگاکەیەوە سەردانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکات بە مەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان. ئومێدەوارین هەموو لایەنەکان لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا بن کە کەوتووەتە سەر شانیان و داواکاری و خواستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکەن و هەستیاریی دۆخی ئێستای هەرێم و دژواریی بژێوی هاووڵاتییان و مەترسییەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی لە قۆناغی دوای داعش، بەهەند وەربگرن.

نەمری بۆ شەهیدان

سڵاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان

ئەنجومەنی ناوەندی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## نەرمین عوسمان



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ژنان. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی شاری کۆیە. پاش تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی لە هەولێر، ساڵی ١٩٦٨ لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە. ئەگەرچی سیاسەت بوارێکی نامۆ نەبووە لە ناو خێزانەکەی، بەڵام ژیانی سیاسیی راستەقینەی لەو کاتەدا دەست پێدەکا کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. هەر لەو ماوەیەشدا دارۆی شێخ نوریی ناسیوە کە لێپرسراوی بووە لە ڕێکخستندا و دواتر شووی پێ کردوە.

ساڵی ١٩٧١ بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان هەڵبژێردرا. لە ناوەڕاستی


حەفتاکاندا پاش گرتنی مێردی و لەسێدارەدانی خاڵی، جەعفەر عەبدولواحید، کە یەکەمیان کادیری پێشکەوتوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و دووەمیان ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بووە، ساڵانێکی دژواری بەسەرد برد.

پاش ئازادبوونی دارۆی شێخ نوری، دوای زیاتر لە چوار ساڵ لە زیندان، خۆی و مێردی شاریان بەجێ هێشت و لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا لە خڕی ناوزەنگ گیرسانەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ پاش ئەوەی کە دارۆی شێخ نوری کرایە لێپرساوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە سوریا، کوردستانی بەجێ هێشت و تا ساڵی ١٩٨٤ لە سوریا گیرسایەوە. پاشان چووە بۆ سویدو لەوێ ژیاوە.

ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ هێرۆ برایم ئەحمەددا ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانیان دامەزراند. ساڵی ١٩٩٩ کرایە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و پاش زیاتر لەساڵێك کرایە وەزیری پەروەردە لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

پاش روخانی ڕژێمی بەعس، ساڵی ٢٠٠٤ لە بەغدا بووە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان و پاشان لە حکومەتی ئیبراهیم جەعفەریدا کرایە وەزیری ژینگەو لەیەکەم کابینەی نوری مالکیش هەمان وەزارەتی پێ سپێردرا. سەربار، وەك ئەندام لە لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ دانرا. لە کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. هەر هەمان ساڵ بووە بە لێپرساوی بۆردی سەندیکاکان، لە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## نەریمان باشتەپەیی



فەرماندەو پێشمەرگەی دێرین. ناوی تەواوی لوقمان هادی محەمەد عەزیز. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤ی گوندی پاشتەپە. تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٠ لە هەولێر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە و ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لەقوەتی هەولێر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکردوە. دوای پێکهێنانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، قوەتەکە کرایە کەرت و بووە بەشێك لە هێزەکانی تیپەکە.

ساڵی ١٩٨٤ گوازرایەوە بۆ تیپی ٩٣ی کۆیە. ساڵی ١٩٨٥ گوزرایەوە بۆ تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و لەکەرتی ٣ پێشمەرگایەتیی کرد. ساڵی ١٩٨٦ گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٢ و کرایە فەرماندەی مەفرەزەو دواتر بووە جێگری فەرماندەی کەرتەکەو پاشان بووە فەرماندەی کەرت.

دوای شاڵاوی ئەنفالەکان، لەسەر سنور لە قاسمە ڕەش و توژەڵە گیرسایەوە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە ڕزگارکردنی شاری ڕانیەدا کردو هەر لەوێ کرایە فەرماندەی تیپی ٨٨ی شەمامکی سەر بە بەتالیۆنی ٨ی هەولێرو بەشدار بوو لە ڕزگارکردنی کۆیەو دەوروبەری. دواتر بە هێزێکەوە لەقۆڵی کەسنەزانەوە چووە ناو شاری هەولێرو بەشدار بوو لەهێرش کردنە سەر بارەگای دەزگای ئەمن. دوای رزگارکردنی هەولێر، بە هێزێکەوە بۆ قوشتەپە

نێردرا و پاشان پێشڕەویی کرد بەرەو پردێ و بەشدار بوو لە ڕزگارکردنی.

لە کاتی هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر کەرکوك، لە نزیك گەڕەکی ڕەحیماوا بەهۆی تۆپبارانی هێزەکانی سوپای عیراقەوە بریندار بوو، بە پەلەپروزێ گەیەنرایە هەولێرو لەوێ نەشتەرگەریی بۆ کرا. پاش ئەوەی هێزەکانی ڕژێمی عیراق کەرکوکیان گرتەوەو بەرەو هەولێر پێشڕەوییان کرد، بە برینداری گوێزرایەوە بۆ دیانا. دوا بە دوای ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە لە دەربەندی کۆڕێ پێشڕەویی هێزەکانی ڕژێمی تێکشکاندو وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێم دەستی پێکرد، گەڕایەوە بۆ بەتالیۆن و بارەگای لە بنەسڵاوەی دەوروبەری هەولێر دانا. لە کاتی وتووێژدا کرایە لێپرساوی لیژنەی هەماهەنگی لە هەردوو گەڕەکی ئیسکان و باداوان.

لەو ماوەیەدا کرایە جێگری لێپرساوی بەتالیۆنی ٨ کە بارەگاکەی لە ئۆردوگای شاوەیس بوو، فەرماندەکەشی نەسروڵڵا عەلی مەحمود بوو. دوا بەدوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی ناحیەی عەنکاوە. دوای دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان، وەك فەرماندەی فەوج لە لیوای ڕۆژهەڵات دەستبەکار بوو.

لە شەڕی ناوخۆدا، کرایە جێگری فەرماندەی لیوا و لەم سەروبەندەدا لە شەڕێکدا بریندار بوو و پاشان لە دەستەی پارێزگاریی سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆسرەت ڕەسول عەلی کاری کرد.

لە سەردەمی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەشداریی لە ٣ خولی سەربازیی کۆلێجی سەربازیی قەڵاچوالاندا کردو پلەی عەقیدی پێ درا. لەو ماوەیەدا بوو بە فەرماندەی هێزو پاشان فەرماندەی لەشکرو لە سەروبەندی ڕوخانی ڕژێمی بەعس، بووە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ٢٠٠٤ بە پلەی لیوا خانەنشین کراو دواتر بووە بەرپرسی ئۆفیسی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینە دانەبڕاوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر.

## نەریمان حەوێز حەمەد



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن و پزیشکی شۆڕش. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری کۆیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لەکۆیە تەواو کردووەو پاشان چۆتە کۆلیجی پزیشکی ڤێتێرنەریی زانکۆی موسڵ.

ساڵی ١٩٧٦ لە قۆناغی یەکەمی کۆلیجدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو هەر ئەو ساڵە بۆتە ئەندامی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان و کراوەتە جێگری لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەکۆلیج.

لە کانونی یەکەمی ١٩٧٩دا بەشێکی ڕێکخستنە نهێنییەکانی زانکۆی موسڵ ئاشکرا بون، ئەمەش وای کرد واز لە خوێندن بێنێ و بۆ ماوەی زیاد لە سێ مانگ لە هەولێرو کەرکوك خۆی بشارێتەوە. لە ئازاری ١٩٨٠دا پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوزەنگ گیرسایەوە.

لەو ماوەیەدا لەبەر کەمیی ژمارەی پزیشك، لە نەخۆشخانەی شۆڕش کاری کرد. نەخۆشخانەکە بەشی

دانسازیی نەبوو. بۆیە بە هەوڵ و تەقەللای خۆی بەشداریی لە خولێکی دان کێشان و برینپێچیدا کرد لە شاری سەردەشت. سەرباری کارکردنی وەك پزیشك لە نەخۆشخانە، وەك کادیری ڕێکخستنیش لە کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئازاد کاری کردووە. ئەم کەرتە تایبەت بوو بە ڕێکخستنی پێشمەرگە لە سنوری هەرێمی پارێزگاری و بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ وازی لە پزیشکایەتی هێناو زۆرتر وەك پێشمەرگە ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕاند.


ساڵی ١٩٨٢ لە بەرەکانی ئاڵوەتان و کونە مشك بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان و لە بەرەی ئاڵوەتان بە پارچەی نارنجۆك بریندار بوو. لەو ئۆپەراسیۆنەدا هەم وەك پێشمەرگە ڕۆڵی خۆی گێڕاوە هەم وەك پزیشك. لەو ماوەیەدا لە ناوچەکانی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی پێشمەرگایەتیی کردووە.

ساڵی ١٩٨٥ گوێزرایەوە بۆ بارەگای دەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵە لە گوندی چالاوا لە دۆڵی جافایەتی و لەوێ لە هونەری چاپ کاری کرد.

ساڵی ١٩٨٨ چووەتە سوریاو لەوێ کاری بۆ ئەوە کردوە کە خوێندنی زانکۆی تەواو بکا. لەم سەروبەندەدا لە کۆلیجی ڤێتێرنەریی زانکۆی بەعس لە شاری حەلەب وەرگیراوەو لەوێ خوێندنی تەواو کردوەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەدەست هێناوە. لەو ماوەیەدا سەرباری سەرقاڵبونی بە خوێندن، لە ئۆفیسی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریاو لوبنان کاری کردووە.

ساڵی ١٩٩٠ سوریای بەجێ هێشت و لە سوید گیرسایەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٣ دا گەڕایەوە بۆ کوردستان. ساڵی ١٩٩٧ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕاوێژکار دامەزرا و دواتریش کرایە بەڕێوەبەری گشتیی ڤێتێرنەری و سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ. ساڵی ٢٠٠٨ خانەنشین کرا.

## نەسروڵڵا سورچی



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ناوی تەواوی نەسروڵڵا نەجمەددین سەیفەددین سورچی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٣ی گوندی زێڕاڤ لە قەزای ئاکرێ. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی زێڕاڤ و ناوەندی و دواناوەندیی لە ئاکرێ تەواو کردووەو پاش تەواوکردنی خوێندن لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر، بە مامۆستا دامەزراوە.

ژیانی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٩ دەست پێ دەکا، کاتێك پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو ساڵی ١٩٧٠ بۆتە ئەندامی ڕێکخراو لە بجێل. ساڵی ١٩٧٤ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردو ئەو ساڵەی وەك مامۆستای شۆڕش لە سیدەکان بەسەر برد. ساڵی ١٩٧٥ گوازرایەوە بۆ کامپی ئاوارەکانی بابەك لە دزفول لە پارێزگای خوزستان بۆ ئەوەی وانە لە خوێندنگەکانی پەنابەران بڵێتەوە.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕایەوە بۆ عیراق و لە گوندی باغەمرەی ئەفەندی لە دەشتی هەولێر گیرسایەوە. هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە سەر خوێندن لە پەیمانگای مامۆستایان، خوێندنی تەواو کردو بە مامۆستا لە خوێندنگەیەکی شارباژێڕ دامەزرا.

ساڵی ١٩٧٥ بە ساڵێکی یەکلاکەرەوەی ژیانی دادەنرێ، چونکە لەو ساڵەدا لاپەڕەیەکی تازەی لە

بیری سیاسیدا دەست پێکردو بە لای بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەدا دایشکاند. هەر لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەر یەك لە سەعدی عەزیز و قادر عەزیز دروست کرد کە بەشدار بون لە زەمینەسازی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارو لە ڕێی ئەوانەوە پەیوەندیی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرد، بەڵام پەیوەندیی هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە هەولێر هەر بەردەوام بوو.

ساڵی ١٩٨٠ بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بە گومانی پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە لە هەولێر گیرا، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچی لەسەر ساغ نەکرایەوە، ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٨٥ لە ناو حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان جیا ببۆوە، درێژەی بە هەڵسوڕانی سیاسیی خۆی دا. هەر ئەو ساڵە دەستی بە خوێندن کرد لە بەشی عەرەبیی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین. بە درێژایی ئەو ماوەیە هەماهەنگیی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا هەبوو، بەتایبەتی لە روی ڕێکخراوەیی و لۆجستیکییەوە. زیادبونی چالاکیی لەم رووەوە، سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی بە لایدا ڕاکێشا. ساڵی ١٩٨٧ بە تۆمەتی پەیوەندیی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەستگیر کرا، بەڵام بەڵگەکان بەشی تاوانبارکردنیان نەدەکرد، بۆیە ئازاد کرا. ساڵی ١٩٨٩ ، لە موسڵ بۆ جاری سێیەم گیراو ئەمجارە خۆی پێ دەرباز نەکرا. تۆمەتی دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ پێشمەرگەو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتی خرایە پاڵ، بە ڕادەیەك کە دادگا فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرکرد، بەڵام دواتر فەرمانەکە بۆ بەندکردنی هەتاهەتایی کەم کرایەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ دا لە کاتی وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراقدا، لەگەڵ دەیان گیراوی تر، بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا. لەو ماوەیەدا بووە کارگێڕی ناوچەی هەولێری حزبی زەحمەتکێشان و پاشان لێپرسراوەتیی ناوچەی پێ سپێردرا.

ساڵی ١٩٩٤ بووە کارگێڕی لقی ئەورووپای حزب. هەر ئەو ساڵە خوێندنی لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبی وەدەست هێنا. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٣ دا کرایە بەرپرسی پەیوەندییەکانی حزب لە سوریا. ساڵی ٢٠٠٣، پاش روخانی رژێمی بەعس، بووە بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حزب لە بەغداو لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥دا ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق بوو کە لەو ماوەیەدا رۆڵی پەرلەمانێکی کاتیی گێڕاوە.

ساڵی ٢٠٠٩ لە کۆنگرەی حەوتەمی حزبی زەحمەتکێشان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو پاش کۆنگرە بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزب و لێپرساوی مەکتەبی راگەیاندن.

ساڵی ٢٠١٤ بەشدار بوو لە دامەزراندنی حزبی ئایندە کە سەرۆکەکەی قادر عەزیز بوو و بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی تێیدا. ساڵی ٢٠١٦ پشتگیریی پڕۆژەی یەکگرتنەوەی حزبی ئایندەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد. پاش یەکگرتنەکە، بووە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ٢٠١٧ لێپرساوەتیی مەڵبەندی ٧ی ڕێکخستنی نەینەوای پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی نەینەوا، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا،

لە ٤ی ئابی ٢٠٢٠دا لە هەڵبژاردنی لێپرسراوانی مەڵبەندەکانی ڕێکخستندا، بە لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٠ی ڕێکخستنی قەرەچوغ هەڵبژێردرا.

## نەسروڵڵا عەلی مەحمود



پێشمەرگەی دێرینو فەرماندە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گوندی ئیلنجاغی گەورە لە ناوچەی کۆیە. خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٣ بۆتە پێشمەرگە لە چۆمان و ناوپردان و دواتر بۆ هێزی کۆسرەت گوێزراوەتەوە کە خالید سەعید لە هەرتەل و بێتواتە فەرماندەیی دەکرد. ساڵی ١٩٧٤ پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، بەشدار بوو لە چالاکییەکانی هێزەکەی لە چیای شیشار و ماکۆك و سنوری خۆشناوەتیو کۆیە.

ساڵی ١٩٧٥ دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، ماوەیەك لە ئێران مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ عیراق. لەو ماوەیەدا لە کۆمپانیایەکی یۆگۆسلاڤی لە بواری کارەبا کاری کردو هەر لەو ماوەیەشدا لە ڕێی عەلی ساڵح سێگرتکانییەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٨٠ گوندەکەی بە هۆی دۆزینەوەی نەوت تێیدا، راگوێزرا و دانیشتوانەکەی دەربەدەر کران. ئەم رودواوە زۆر کاری تێکرد. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە قوەتی دەشتی هەولێر بووە پێشمەرگە. لەوێوە رەوانەی ناوچەی سەرکردایەتی کرا و لەوێ بەشدار بوو لە خولێکی عەسکەری لە مالیمۆس لە نزیك گوندی کانی زەرد. پاش تەواو کردنی خولەکە گەڕایەوە بۆ هەولێر.

ساڵی ١٩٨١ کرایە فەرماندەی مەفرەزەو بۆ ساڵی دواتر بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران. هەر ئەو ساڵە پاش کارکردن بە سیستمی تیپەکان و پێکهێنانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، کرایە فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپەکە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە، جارێك لە ساڵی ١٩٨٣ لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی بێتواتە، جارێکیش لە بالیسان. جاری سێیەم لە ساڵی ١٩٨٨ زۆر بە سەختی لە شەڕی کونە کۆتری قەندیل بریندار بوو و لە ئاکامدا ماوەی یەك ساڵ بۆ چارەسەر لە ئێران مایەوە.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا بەشداریی لە جێبەجێ کردنی بەرنامەی راپەڕیندا کرد. دوای راپەڕین کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٨ی هێزی دەشتی هەولێرو ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی فەوجی پاراستنی هەولێر. دواتر بە پلەی جێگری سەرلەشکر گواسترایەوە بۆ لەشکری ١٨ی بەڕانەتی.

پاش بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەی ساڵی ١٩٩٦ کە بەشداریی تێدا کرد، لە فەرماندەیی ٢ی هەولێر لە کۆیەو دەوروبەری دامەزرا. ساڵی پاشتر کرایە جێگری فەرماندەی قەرەچۆغ.

ساڵی ٢٠٠٠ بەشدار بوو لە خولی پێنجەمی ئەفسەران لە قەڵاچوالان و دواتر بەشداریی لە خولی چوارەمی پلە بەرزکردنەوەدا کرد. پاشان پلە بە پلە هەڵکشا و لە ساڵی ٢٠٠٦ دا کرایە جێگری فەرماندەی لیوای ١٠٨ی هەولێر بە پلەی عەمید.

## نەورۆز (مانگرتن)

مانگرتنی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٠ کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەخشەی بۆ داناوەو

ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی نەخشەکەیان کردووە.

بیرۆکەی فراوان کردنی پانتایی هەڵسوڕان لە دژی ڕژێمی عیراق و دروست کردنی رایەڵەیەکی پتەوتر لە نێوان هەڵسوڕانی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە لە دێهاتەکان و هەڵسوڕانی مەدەنی لە ناو شارەکان، مەسەلەیەك نەبوو کە سەرکردایەتی بیری لێ نەکردبێتەوە، بەڵام هەلومەرجی سەختی سێ ساڵ و نیوی رابردوو دەرفەتێکی گونجاوی بۆ دەست بردن بۆ ئەزمونە تاقی نەکراوەکانی دیکەی خەبات پێك نەهێنا بوو. لەم سەروبەندەدا سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە شوباتی ١٩٧٩ کە لە بنەڕەتدا بەدەستپێشخەریی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ناو شارەکان هەڵسوڕاوە، هاندەرێکی کاریگەر بوو بۆ سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە بزواندنی شارەکان.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠دا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە کراو پڕۆژەی ڕێکخستنی چالاکیی ناڕەزایی مەدەنیی لە بابەتی مانگرتن و خۆپیشاندانی ئاشتییانە لەگەڵیاندا تاوتوێ کرا. رای ڕێکخستنەکان بەم جۆرە بوو کە بواری ڕێکخستنی ئەم چەشنە چالاکییانە هەیەو کادیرەکانی ڕێکخستن دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا بگێڕن.

لە ئازاردا نەخشەکە لە هەموو رویەکەوە شەن و کەو کرا و بڕیار درا لە ڕۆژی نەورۆزدا دەست بە جێبەجێ کردنی بکرێ. لەم ڕووەوە هەموو فاکتەرەکان لەبەرچاو گیران لەوانە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هێشتا بزوتنەوەی کورد گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لە بواری چالاکیی ناڕەزایی مەدەنییانەدا نیەو دەبێ ئەزمونەکە وەك ئەزمونێکی تاقینەکراوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. هەروەها بە شێوەیەکی چڕ جەخت کرایە سەر ئەوەی کە چەند بەشداری پێ کردنی جەماوەر لە ئاستێکی بەرزدا بێ، ئەوەندەش چانسی سەرگرتنی جموجوڵەکە زۆرتر دەبێ، سەرباری بە هەند وەرگرتنی ئەوەش کە باشترە جموجوڵەکە زۆرتر شێوەی مانگرتن وەرگرێ کە سادەترین و ئاسانترین و بێوەیترین جۆری چالاکیی ناڕەزایی مەدەنییانەیە.

نەخشەکە وا بوو کە هاووڵاتییان لە ٢١ی ئازاردا جەژنی نەورۆز نەکەن و بەمە ناڕەزایی خۆیان لە سیاسەتی بەغدا دەربڕن. گوزارشت کردن لە تووڕەیی و ناڕەزایی لە ڕێی بایکۆت کردنی ئاهەنگی نەورۆزەوە، هیچ بیانویەکی بە دەزگا ئەمنییەکان نەدەدا کە توندوتیژی لە دژی هاووڵاتییە مانگرتووەکان بەکار بهێنن و دەست بە شاڵاوێکی رەشبگیر بکەن چونکە ڕۆژی نەورۆز پشوی فەرمییەو هیچ یاسایەك هاووڵاتییان ناچار ناکا بەزۆر جەژن بکەن. لەم خاڵەدا زۆر بە وردی سەلامەتیی هاووڵاتییان بە پلەی یەکەم و پاشان سەلامەتی و ئاشکرا نەبونی کادیرەکانی ڕێکخستن لەبەرچاو گیرا بوو.

لە خولی چوارەمی کۆبونەوە فراوانەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ڕۆژانی ٢-١٨ی ئازار لە ناوزەنگ بەڕێوە چون، پڕۆژەکە تاوتوێ کرا و لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەکانیش ئاماژەیەکی خێرا بە پێویستیی پەرەپێدانی چالاکییە «جەماوەرییەکان» درا.

دەزگای ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکیی لە دابین کردنی پێداویستییەکانی ژێرخانی مانگرتنەکەدا هەبوو. بەیاننامەیەك بۆ هاندانی جەماوەر بۆ مانگرتنی گشتی نوسرا و هەزاران دانەی لێ چاپ کرا و بە هەمان شێوە هەزاران پۆستەر کە دروشمی هاندەریان لەسەر نوسرا بوو چاپ کران و ڕێوشوێنی پێویست بۆ گەیشتنی بەیاننامەکەو پۆستەرەکان بۆ ناو شارەکان دابین کرا. ڕێکخستنەکانی ناو شار ئەرکی پەخش کردنی بەیاننامەکەو پۆستەرەکانیان لە هەر سێ پارێزگاکەی سلێمانی و هەولێرو کەرکوك گرتە ئەستۆ.

لە ٢٠ی ئازاردا رادیۆی دەنگی شۆڕشی عیراق (کە دواتر بووە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان) بەرنامەکانی بۆ هاندانی جەماوەر بۆ مانگرتن تەرخان کرد. لە رۆژی نەورۆزدا مانگرتن شارە گەورەکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوکی گرتەوە، سەرباری شارۆچکەکانی خانەقین، دوزخورماتوو، کفری، رانیە، شەقلاوە، چۆمان، کۆیە، کەلار، گەلالە، رەواندزو ژمارەیەکی زۆری ئۆردوگا زۆرەملێکان.

بەڵام لە هەندێ ناوچەدا مانگرتن لە کۆنترۆڵ دەرچوو و بووە خۆپیشاندان کە ئەمەش لەگەڵ نەخشەی دانراودا نەدەگونجا، بەتایبەتی لە شارەکانی هەڵەبجە، پێنجوێن و سەید سادق. بەپێی نەخشەکە، دەبوایە مانگرتن لە ئێوارەی ٢٠ی ئازاردا دەست پێ بکاو لە هیچ شوێنێك ئاگری نەورۆز نەکرێتەوەو لەم رووەوە ئاستێکی بەرزی پابەندبون هاتە ئاراوە. گەورەترین خۆپیشاندان لە پێنجوێن بەڕێوە چوو. هەر ئەو رۆژە خوێندکاران لە پێنجوێن خۆپیشاندانیان ساز کردو دروشمی دژ بە رژێمیان بەرز کردەوە. ئەم پێشهاتە بە شێوەیەکی خۆبەخۆ هاتە ئاراوەو حیسابی بۆ نەکرابوو. هێزە ئەمنییەکان کە لەو رۆژەدا لە ئامادەباشیدا بون، لە ترسی تەشەنە سەندنی خۆپیشاندانەکان و بۆ چاوشکاندنی خۆپیشاندەرەکان، تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، ژمارەیەکی زۆریان بریندار کرد، کەوتنە ویژەیان و ١٧٠ خوێندکاریان دەستگیر کرد.

لە رۆژی نەورۆزدا، لەکاتێکدا کە مانگرتن باڵی بەسەر شوێنەکانی دیکەدا کێشا بوو و پرۆسەکە بەو چەشنەی پلانی بۆ دانرا بوو بەڕێوە دەچوو، خۆپیشاندانەکان لە پێنجوێن درێژەیان کێشا. داوای سەرەکیی خۆپیشاندەرەکان، ئازادکردنی گیراوەکان بوو. رۆژی پاش نەورۆز، خۆپیشاندانەکان فراوانتر بون و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندەکانی دەوروبەرو شارۆچکە نزیکەکان رژانە سەر پێنجوێن و بەشدارییەکی کارایان لە خۆپیشاندانەکاندا کرد. هەر ئەو رۆژە خۆپیشاندەرە گیراوەکان ئازاد کران و ئارامی بۆ شار گەڕایەوە.

مانگرتنی نەورۆزی ١٩٨٠ یەکەم چالاکیی مەدەنیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە ناو شارەکان پێش هەڵایسانی جەنگی عیراق- ئێران. ئەزمونی تاقی کردنەوەی خەباتی مەدەنی ئەزمونێکی تازە بوو، هەوڵێکیش بوو بۆ فرەکردنی چەشنەکانی خەبات لە کوردستاندا. لە ئەزمونی مانگرتنی نەورۆزدا چەند فاکتەرێکی گرنگی وەك پلان دانانی باش و کارایی راگەیاندنی ئاراستەکراو و گورجوگۆڵیی رێکخستنەکانی ناو شارەکان و ئامادەیی جەماوەر بۆ سەرخستنی پلانەکە، بە چاکترین شێوە رەنگیان دایەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە رێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی لە ئەوروپا، رۆڵێکی کارایان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی مانگرتنەکە گێڕاوەو زوو بە زوو وردەکارییەکانی روداوەکەیان بە ناوەندە میدیاییە جیهانییەکان گەیاندووە. ئەزمونەکە دەری خست کە رێکخستنەکانی ناو شارەکان دەتوانن لە ئایندەدا، لە هەلومەرجی لەبارتردا، رۆڵێکی کاراتر بگێڕن و شایستەی ئەوەن کە بە باشی پشتیان پێ ببەسترێ. سەرەڕای سەختیی رێکخستنی چالاکیی نارەزایی مەدەنی لە سایەی رژێمە تۆتالیتارەکاندا، ئەزمونەکە نیشانیدا کە چالاکیی نارەزایی مەدەنیی ناو شارەکان بژاردەیەکی کراوەیەو لە کات و ساتی گونجاودا شیاوی ئەوەیە کە هانای بۆ ببرێ. بە کردەوە، لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ دا کە سەرتاسەری کوردستانیان تەنییەوە، سودێکی زۆر لە پەند و وانەکانی مانگرتنەکەی نەورۆزی ١٩٨٠ وەرگیرا، بە چەشنێك کە زێدەڕۆیی نیە ئەگەر مانگرتنەکەی نەورۆز بە تێستی خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ بژمێردرێ،

به تایبەتی کە جوگرافیای خۆپیشاندانەکانی ١٩٨٢ فراوانتر بوو و رادەی جمینی جەماوەر کاراترو گورجو گۆڵتر بوو. ئەزمونە هەڵهێنجراوەکان دەریان خست کە بەڕێوەبردنی ئەو چالاکییانە لە روی تەکنیکییەوە پێویستی بە قۆستنەوەی بۆنەیەکی نیشتمانییە بۆ ئەوەی بکرێتە چەخماخەی جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵکی. لە مانگرتنەکەی ساڵی ١٩٨٠دا، ئاهەنگی جەژنی نەورۆز قۆزرایەوە، لەکاتێکدا کە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ دا سود لە هەشتەمین ساڵڕۆژی بۆردومانی قەڵادزێ وەرگیرا، سەرباری قۆستنەوەی شکستەکەی سوپای عیراق لە خورەمشەهرو کشانەوەی بۆ ناو خاکی عیراق.

## پاشکۆ

## سەرکەوتنی مانگرتنە گشتییەکەی نەورۆز (وتار)

مایەی دڵخۆشی و شادییەکی زۆرە بۆ یەکێتیمان کە جەماوەرە شۆڕشگێڕەکەمان بەوپەڕی لەخۆبوردن و گەرمییەوە بەدەنگی بانگەوازەکەی یەکێتییەوە هاتن، ئەو بانگەوازەی داوای کرد جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ بکرێ بە رۆژی مانگرتن لە دژی رژێمی رەگەزپەرستی بەغدا.

ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە ئەنجامی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی رادەی نزیکی و پتەویی پەیوەندیی نێوان یەکێتی و جەماوەرو توندوتیژیی ناکۆکیی نێوان جەماوەرو رژێمدا زۆر گەشبین بوین بەوەی کە جەماوەری خاوەن مێژوی خوێناویی گەلەکەمان بە دەنگمانەوە دێ، بۆیە بە چەند رۆژێ پێش نەورۆز بە دەیان هەزار نوسخەمان لەو بەیاننامەو پۆستەرانە کە داوای مانگرتنمان تێدا کردبون، بەسەر هەموو شارەکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکوك و قەزاو ناحیەو لادێکانیان و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا بڵاو کردەوە. بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامانە کێوی مەترسییەکی فرە گەورەی خستە سەر سنگی کاربەدەستانی رژێم. ئەو کاتەش کە جەماوەری قارەمانی کوردستان بەدەنگ بانگەوازەکەمانەوە هاتن و جەژنی نەورۆزیان کرد بە رۆژی مانگرتن و وەك رۆژێکی نوێ لە مێژوی میللەتەکەماندا تۆماریان کرد، کاربەدەستانی رژێم هەستیان بە قورسیی کێوەکەو تەنگەنەفەسییەکی خنکێنەر کرد.

لە رۆژی نەورۆزدا بە پێچەوانەی ئارەزوی دوژمنەوە کە دەیویست بە زۆر خەڵکی لە شوێنە دیاریکراوەکانی خۆی کۆ بکاتەوەو ئاهەنگی زۆرەملێیان پێ بگێڕێ، خەڵکی بەوپەڕی ئازایەتییەوە دژی رژێم وەستان و پشتگیریی تەواوی خۆیان بۆ شۆڕش و رابەرە دڵسۆزەکەی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نیشان دا.

لە رۆژی نەورۆزدا، وەك یەکێتی داوای کردبوو، مانگرتن بە گشتی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، بەشە کوردییە ماوەکەی کەرکوك، خانەقین، کفری، دوزخورماتوو، کەلار، گەلاڵە، رەواندز، چۆمان، شەقڵاوە، رانیە، قەڵادزێ و کۆیە بەوپەڕی سەرکەوتنەوە سەری گرت. لە هەندێ ئۆردوگای زۆەملێ و لە هەندێ شاری تریش، وەك شارەکانی هەڵەبجەو پێنجوێن و سەید سادق رەفتاری فاشیستانەی رژێم رقی خەڵکەکەی بە رادەیەك هەڵساند کە نەتوانن هەر بە مانگرتن دابین بن. بۆیە مانگرتنەکەیان گۆڕی بە خۆپیشاندان. خۆپیشاندەرەکان بە ئاشکرا دروشمی دژ بە رژێمیان بەرز دەکردەوەو داوای روخانیان دەکرد، هوتافیان دەکێشاو سڵاویان بە گیانی پێشمەرگە قارەمانەکانی یەکێتییەکەمان لێ دەدا و پشتگیریی خۆیان بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بۆ شۆڕشە

مەزنەکەی رادەگەیاند.

بۆ نمونە، لە شاری پێنجوێنی راپەڕیـودا لە ئێوارەی ٢٠ی ئازاردا قوتابیی هەموو قوتابخانەکانی شار بە کوڕو کچەوە لە قوتابخانەکانیان هاتنە دەرەوەو دەستیان کرد بە رێکخستنی خۆپیشاندان کە دەنگی سرودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕیی خۆپیشاندەران ئاسمانی شاری پڕ دەکرد، جۆرەها دروشمی دژ بە رژێمیان بەرز کردەوە، رێزو خۆشەویستی و پشتیوانیی خۆیان بەرامبەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەرخست. بۆیە هێزەکانی پۆلیس و ئەمن بەرەنگاری خۆپیشاندەرەکان بونەوە، دایاننە بەر دەستڕێژی گوللە ژەهراوییەکانیان. لە ئەنجامدا قوتابی عوسمان رەشید رەحیم بریندار بوو، برینەکەشی سەخت بوو. هەروەها دەیان قوتابیی تریش بریندار کران و زیاتر لە ١٧٠ قوتابی گیران. بۆ بەیانییش، واتە لە رۆژی نەورۆزدا، هەموو خەڵکی شار بە گـەورەو بچوکەوە دەستیان کردەوە بە خۆپیشاندان و هوتاف کێشان دژی رژێم، لە دەوری سـەرادا کۆ بونەوە، داوای بەڕەڵاکردنی قوتابییە گیراوەکانیان دەکرد. ئەو رۆژەش رژێم لە کپ کردنەوەیاندا سەر نەکەوت. بۆ بەیانی، پارێزگاری سلێمانی بە هەڵەداوان گەیشتە پێنجوێن و بە چاوی خۆی خۆپیشاندانی سێهەم رۆژەی جەماوەری شارو گوندە نزیکەکانی بینی. بۆیە کاربەدەستان ناچار بون چۆك بۆ خواست و داواکانی جەماوەر دادەن و قوتابییەکان بەڕەڵا بکەن. بەمجۆرە داخوازییەکەی یەکێتی ئەوپەڕی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لەکاتێکدا کە رژێـم بە هەموو شێوەیەك هەوڵی رێگەگرتنی ئـەم مانگرتنە مـەزنـەی دەدا، قـیـادە مـوەقـەتـەی چڵکاوخۆری ئیمپریالیزم لە رێگەی رادیۆی تارانەوە بە هۆی دەسەڵاتی هەندێ خۆفرۆش و جاسوسی کۆنە ساواك (دەزگای ئاسایشی سەردەمی رژێمی شا) کە لە ئێزگەی تاران هەیانبوو، بەوپەڕی بێشەرمییەوە داوای ماننەگرتنیان دەکرد، داوایان دەکرد خەڵکی بە دەنگی داخوازییەکەی یەکێتییەوە نەچێ و جەژنی خۆیان چۆن رژێم دەیەوێ ئاوا بیکەن.

بـەڵام مانگرتنە پاڵەوانەکەی نـەورۆز هەڕەشەو گـوڕەشـەی رژێـم و داوا ساختـەکـەی ئەوانیشی پاشەکشە پێ کرد.

مانگرتنی نەورۆز سەلماندی کە تا چ ئەندازەیەك جەماوەری بە شەرەفی کوردستان دڵسۆزی یەکێتین. دەری خست کـە چـۆن یەکێتی بـۆتـە جێی بـڕواو متمانەی جـەمـاوەری چـەوساوە و چـۆن جـەمـاوەر گـەورەتـریـن سـەرچـاوەی هـێـزو تـوانـای یەکێتییە، سەلماندی کە دۆخی شۆڕشگێڕانە لە گەشەکردن دایەو جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستانیش توانای راپەڕینی شۆڕشگێڕانەی هەیە.

بۆیە دەبێ ئەم روداوە مێژووییە وەك گۆڕانێکی قـوولّ لـە بـزوتـنـەوەی رزگـاریـخـوازی گەلەکەمان حیسابی بۆ بکرێ و هەوڵ بدرێ وانەو ئەزمونی لێ وەربگیرێ.

ئەوەی شایانی باسیشە ئەوەیە کە بە بۆنەی سەر گرتنی ئەم مانگرتنە مێژووییەوە، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، دەیان رێکخراوی پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕ پشتیوانیی خۆیان لەو مانگرتنە مەزنە نیشان داو پیرۆزبایی گـەرمـیـان لـە گەلی کـورد و شۆڕشە پیرۆزەکەی کرد. وا لێرەش یەکێك لەو بروسکانە بڵاو دەکەینەوە کە کۆمەڵێك رێکخراوی پێشکەوتنخواز بەم بۆنەیەوە ناردویانە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:

«ئێمەی مۆرکەرانی ئەم بروسکەیە نوێنەرانی رێکخراوە سیاسی و خوێندکارە عەرەبی و بیانییەکانین کـە لـە هـەنگـاریـا دایــن، پشتگیریی خـۆمـان لەو مانگرتنە پاڵەوانانەیە رادەگەیەنین کە گەلی کورد لە کوردستانی عیراق لە رۆژی ٢١ی ئازاردا، رۆژی

جەژنی نەورۆز، جەژنی نەتەوایەتیی گەلی کورد، بەرپای کرد دژی سیاسەتی شۆڤێنیی حکومەتی عیراق، ئەو سیاسەتەی کە خۆی لە کۆچ پێ کردن و بە عەرەب کردن و بە بەعسی کردنی بەردەوام و گوند سوتاندن و کاول کردنداو هەروەها خۆی لە داپڵۆسین و کوشتن و بڕین و لەسێدارەدانی بەردەوامدا دەنوێنێ.

ئەم کردارانە تەنها گەلی کوردی نەگرتۆتەوە بەڵکو هەموو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازو کۆمۆنیست و دیموکراتەکان و ئەو بەعسییانەشی گرتۆتەوە کە بە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی دیکتاتۆری رازی نین.

ئەم گرتن و راونان و رەفتارانە تەنها لە ناوخۆی عیراقدا دژی گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمە نەتەوەکانەوە پەیڕەو ناکرێن، بەڵکو پەلیان بۆ دەرەوەش هاوێشتووە. ئەوەی لە پۆلۆنیاو بولگاریاو هەنگاریاو لەم دواییەشدا لە فەرەنسا رویداوە، باشترین بەڵگەن بۆ ئەمە.

ئێمە داواتان لێ دەکەین خۆتان لە مەسەلەکە بگەیەنن بۆ وەستاندنی ئەم کارانەو ئەو هێرشە چەکدارانەی کە چەتەکانی بەعسی فەرمانڕەوا دژی قوتابیان و نیشتمانپەروەرە عیراقییەکان ئەنجامی دەدەن کە ئەمەش پێشێل کردنی هەموو یاساو ویژدانێکی مرۆڤایەتییە.

واژۆ: یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی ئوردون، رێکخراوی پارتی کۆمۆنیستی ئوردون، یەکێتیی لاوانی دیموکراتی یەمەنی باشور (لقی هەنگاریا)، رێکخراوی بەرەی دیموکراتی رزگاریی فەلەستین (لقی هەنگاریا)، یەکێتیی گشتیی خوێندکارانی فەلەستین (لقی هەنگاریا)، رێکخراوی پارتی کۆمۆنیستی عیراق (لقی هەنگاریا)، کۆمەڵەی خوێندکارە عیراقییەکان لە کۆماری گەلی هەنگاریا، یەکێتیی خوێندکارانی سودان لە هەنگاریا، رێکخراوی پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل، لقی پارتی کۆمۆنیستی سودان، بەرەی دیموکراتی خوێندکارە سودانییەکان».

سەرچاوە: هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ژمارە ٨، کۆتایی ئایاری ١٩٨٠، ل ٦-٧.

## نەوزاد عەلی ئەحمەد



نوسەرو دیکۆمێنتار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی شاری هەولێر. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی دواتر لە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر وەرگیراوەو بڕوانامەی لیسانسی لەو کۆلیجە وەرگرتووە.

ساڵی ١٩٨٥ یەکەم کتێبی چاپ کردووە کەدیوانە شیعرێکە بە ناونیشانی «پۆلوی ژوری نوتەك». پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەدەزگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری کردوە. لە سەرەتای کارکردنیدا وەك بێژەری هەواڵەکان لە کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کاری کردووەو پاشان بۆتە بەرپرسی بەشی هەواڵو سیاسەت. ساڵی ١٩٩٢ بۆ رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» گواستراوەتەوەو ئەرکی سەرپەرشتی کردنی چاپی رۆژنامەکەی پێ سپێردراوە. ساڵی ١٩٩٤ لە پاڵ کار کردنی لە «کوردستانی نوێ» وەك پەیامنێر، کاری بۆ کەناڵی سلێمانیی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانیش



کردووه.

ساڵی ۱۹۹٦ وەك ئەندامی دەستەی نوسەران لەگۆڤاری «ئێستا» کاری کرد. ئەم گۆڤارە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی لە هەولێر دەری کردووەو پاشان لە سلێمانی ژمارەی تری لێ دەرچووە.

دوای روداوەکانی ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦، لە سلێمانی گیرسایەوەو رۆڵێکی کارای لە رێکخستنەوەی دامەزراوەکانی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ڕوی تەکنیکییەوە گێڕا. بە هەوڵ‌و کۆششی ئەوو کادیرەکانی تر، کوردستانی نوێ توانی بەسەر گرفتە تەکنیکییەکاندا زاڵ بێ‌و لە سلێمانی دەست بە دەرچون بکاتەوە.

ساڵی ۱۹۹۷، وەك نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رۆژنامەی «هاوپەیمانی»دا کاری کردو تا دەرچونی دوایین ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە ساڵی ۲۰۰۰ بەردەوام بووە لەسەر کارکردن تێیدا. رۆژنامەکە ئۆرگانی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان بووە کەبەرەیەکی سیاسییە، ساڵی ۱۹۹٦ لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و حزبی سۆسیالیستی کوردستان‌و حزبی زەحمەتکێشان و بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان و پارتی پارێزگاران پێك هێنراوە.

لە ساڵی ۱۹۹۸دا وەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لێپرسراوەتیی بەشی لێکۆڵینەوەی گرتە ئەستۆ.

هەر ئەو ساڵە وەك ئەندامێکی کارا بەشدار بوو لەپرۆژەی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان کە ساڵی ۱۹۹۷ مەحمود مەلا عیززەت رەزامەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر دامەزراندنی وەرگرتبوو.

ساڵی ۲۰۰۰ توشی نەخۆشییەکی ترسناك بوو کە بە هۆیەوە کوردستانی بەجێ هێشت و بۆ چارەسەر رووی لەسوید کرد. ساڵی دواتر بڕوانامەی ماجستێری لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا. تێزی ماجستێرەکەی بە ناونیشانی «هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردیدا ۱۹٦۱-۱۹۹۱» بوو.

چارەسەری نەخۆشییەکەی ناچاری کرد دە ساڵ لە سوید بمێنێتەوە. لە پاڵ بەردەوام بون لەسەر چارەسەر، درێژەی بە چالاکییە رۆشنبیری‌و دیکۆمێنتارییەکانی داو لەو ماوەیەدا چەند بەرهەمێکی بڵاو کردەوە کەبایەخێکی تایبەتیان لە بواری دیکۆمێنتاریدا هەیە لەوانە «رابەری رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردی ۱۹٦۱-۱۹۹۱» (۲۰۰۱)، «رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان» (۲۰۰٤)، «رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا ۱۹٤۹-۱۹۹۰» (۲۰۰۸) و «پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا» (۲۰۱۰) کە چاوپێکەوتنێکی دیکۆمێنتاریی گرنگە لەگەڵ کەسایەتیی ناسراوی کورد دکتۆر عومەر شێخموس.

ساڵی ٢٠١١ گەڕایەوە بۆ کوردستان و ساڵی دواتر بە ڕاوێژکار لە دیوانی پەرلەمانی کوردستان دامەزرا.

## نەوزادی موهەندیس




نوسەرو کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی نەوزاد عوسمان عەبدولڕەحمان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٠ی گوندی کەڵەکنی سەر بە ناحیەی سەرچنار لە پارێزگای سلێمانی. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە کەڵەکن و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

مێژوی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، ئەویش لە ڕێی خزم و کەسوکارییەوە کە ژمارەیەکی زۆریان پێشمەرگەو ئەندامی ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بون. ساڵی ١٩٨٦ لە شاڵاوێکی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعسدا دژی کەسوکارو خێزانی پێشمەرگە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسوکاری پێشمەرگە لە شاری سلێمانی، کەوتە بەر لێشاوی گرتن و دوای پانزە ڕۆژ لێکۆڵینەوەی چڕ ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٨٧ خوێندنی دواناوەندیی تەواو کردو لە بەشی ئەندازەی کیمیایی زانکۆی تەکنەلۆژی لە بەغدا وەرگیرا. ساڵی ١٩٩١ خوێندنی زانکۆیی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە




کردو لە کۆمیتەی ١٠ی ڕێکخستنی کاسبکاران لە سنوری مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی کاری کرد. ساڵی ١٩٩٤ لە کۆمیتەی ٢ی ڕێکخستن کاری کردو لێپرسراوەتیی کەرتی کاسبکارانی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٩٦ دا کرایە ئەندامی کۆمیتەی پیشە باڵاکان و لەم سەروبەندەدا لێپرسراوەتیی کەرتی ڕێکخستنی ئەندازیارانی پێ سپێردرا. هەر لەو ماوەیەدا لە چەند ڕێکخراوێکی فریاگوزارو هەروەها لە چەند دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی و وزەی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری کرد. هەروەها لەو ماوەیەدا چووە ناو جیهانی نوسین و دەستی بە نوسین کرد لە بابەتە سیاسی و ئابوری و ئەندازیارییەکاندا. ساڵی ٢٠٠٠ بووە بەڕێوەبەری کارگەی گەچی هونەریی بازیان لە وەزارەتی پیشەسازی.

ساڵی ٢٠٠٢ بووە ئەندامی دەستەی نوسەرانی

گۆڤاری «ئەندازیاران» کە یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان دەری کردووە. هەر لەو ماوەیەشدا ئەرکی ڕێکخراوەیی وەك لێپرسراوی کەرتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆو پارێزگای سلێمانیی لە کۆمیتەی ١٤ی ڕێکخستنی هەواری تازە گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٤ لێپرساوەتیی سەرنوسەری گۆڤاری «ئەندازیاران»ی گرتە ئەستۆو سەرکەوتوو بوو لە بەکارهێنانی تەکنیکی تازە بۆ گەشەپێدانی گۆڤارەکە. ساڵی ٢٠٠٨ کرۆنۆلۆژیایەکی وردی بۆ مێژوی سەردەمی پێشمەرگایەتی و خەباتی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوکردەوەو هەر ئەو ساڵە کتێبێکی بە ناونیشانی «ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی و کۆمەڵگەی کوردەواری« دەرکرد. هەمان ساڵ لە ژیانی پیشەییدا لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیدا، بووە بەڕێوەبەری کارگەی بڕینی بەردی مەڕمەڕ لە ماوەت.


ساڵی ٢٠١٣ کرایە بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی توتن لە سلێمانی.

ساڵی ٢٠١٩ کرایە ئەندامی ئەنجومەنی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

## نەوشیروان مستەفا ئەمین



ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جێگری سکرتێری گشتیو سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ١٩٨١-١٩٩٢ و دامەزرێنەری بزوتنەوەی گۆڕان. لەدایکبوی ساڵی




١٩٤٤ی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە. دەرچوی ساڵی ١٩٦٧ی بەشی زانستە سیاسییەکانی کۆلیجی ئابوری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا.

ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو هەر لەو ماوەیەشدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی نوسینەکانی کردووە لەگۆڤارەکانی «ڕۆژی نوێ»و «روناهی».

ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ پارێزەر شازاد سایب بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤاری «رزگاری» لە سلێمانی. ئەو خاوەنی ئیمتیازو شازاد سایب سەرنوسەر بوو. «رزگاری» سەرباری ئەوەی کەگۆڤارێکی سیاسیی بەئاراستە چەپ بوو، ڕۆڵێکی دیاری لەگەڵاڵەکردنی ڕەوتێکی سیاسیی پێشکەوتنخوازانەدا هەبوو، هەم لە ناو ریزی دەستەبژێری ڕۆشنبیرو سیاسیدا هەم

له کۆمەڵی کوردەواریدا. ئەو رەوتە لەجیهانبینیو ئاراستەدا جیاواز بوو لە جیهانبینیو ئاراستەی هەردوو باڵی مەلاییو جەلالیی پارتی دیموکراتی کوردستانو هەردوو باڵی چەپی سۆڤێتیو چەپی گیڤاریستی- ماویستیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق. لە ڕوی مێژوییەوە «رزگاری» یەکێ لەسەرچاوە فیکرییە بەهێزەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان پێکدێنێ. لەو قۆناغەدا دەکرێ بەم چەشنە هەڵبسەنگێنرێ کەتوخمێکی کارای رەوتێکی فیکری بووە لە شەقامی سیاسیی کوردەواریدا کە خوازیار بووە ئەزمونێکی سیاسیی پێشکەوتووترو هاوچەرختر پێشکەش بکات.

ساڵی ١٩٧٠ پشتگیریی پڕۆژەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی-لینینیی کوردستانی کرد بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە دەیویست رێکخراوە تازەکە درێژەپێدانی ئەزمونی شکستخواردوی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێ، بەشداریی لە پرۆسەی دامەزراندنیدا نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا رێی لەوە نەگرت کە زۆربەی ئەندامانی رەوتە فیکرییەکەی بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی ١٩٧١، وەك سەرکردایەتیی هەردولا لەسەری رێك کەوتبون، هەندێ لە سەرکردەو کادیرەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی لە نزیك بارەگای مەلا مستەفا بارزانی جێگیر بون، لەوانە نەوشیروان مستەفا کە خۆی و برایم ئەحمەد پێکەوە لە قەسرو ماکۆسان جێگیر کران.

ساڵی ١٩٧٢ لە ڕێگەی بەغداوە چوو بۆ نەمساو لە ڤیەننای پایتەختی ئەو وڵاتە گیرسایەوە.

ساڵی ١٩٧٣ دەستی بە خوێندن کرد لە زانکۆی ڤیەننا. وەزارەتی خوێندنی باڵا رەزامەندیی نیشان دابوو کە لە یەك کاتدا سەرقاڵی خوێندنی دوو بوار بێ: بواری زانستی سیاسەت لە فاکەلتیی فەلسەفەو بواری پەیوەندیی نێودەوڵەتان لە فاکەلتیی یاسا.

ساڵی ١٩٧٥ هەرەس هێنانی شۆڕشی بە کارەساتێکی نەتەوەیی و رووداوێکی کتوپڕو چاوەڕواننەکراو داناو هەر ئەو ساڵە لەگەڵ هەر یەك لە تاڵەبانیو دکتۆر فوئاد مەعسوم و عادل مورادو عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا و دکتۆر کەمال فوئاد بەشدار بوو لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا. لە کانونی یەکەمدا بۆ رایی کردنی کاروباری یەکێتیی نیشتمانیو کارکردن بۆ فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، وازی لە قۆناغی کۆتایی خوێندنی ئەکادیمی هێنا، ڤیەننای بەجێ هێشت و چوو بۆ سوریا.

لەوێ لەگەڵ تاڵەبانیو ئەندامانی تری دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغی بەراییدا بەشدار بوو لە پرۆسەی دیپلۆماسیدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ لایەنە سیاسییە عیراقییەکان و لە جموجۆڵی میدیاییدا بۆ رونکردنەوەو شرۆڤەکردنی سیاسەتی یەکێتی لە ڕێی چەند وتارێکەوە کە لە هەردوو رۆژنامەی «شەرارە»و «رێبازی نوێ» بڵاوی کردنەوە. لە قۆناغی دواتردا بەشدار بوو لە پرۆسەی ئامادەکردنی یەکەی چەکدارو ناردنەوەیان بۆ ناو وڵات بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار و بۆ رایی کردنی ئەم ئەرکە، بنکەی لە دیریک لە نزیک سنوری عیراق - سوریا دانا. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لەو وتووێژەی کە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانو باڵی سەر بە سوریای حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبدا هاتە ئاراوەو رێککەوتنێکی مەیدانیی بۆ هاوکاریو هەماهەنگیی نێوان هەر سێ لایەن لێ کەوتەوە.

لە نیسانی ١٩٧٧دا بە یارمەتیی کوردەکانی باکور، بەناو خاکی تورکیادا، گەیشتە ناوچەی برادۆست. لەوێ یەکەم بڕی چەکی بە دەست گەیشت کە لە قامشلۆوە بە ناو خاکی تورکیادا بۆ برادۆست نێردرابوو.

پاش گەڕانەوەی تاڵەبانی بۆ ناو وڵات بۆ رابەرایەتی کردنی خەباتی چەکدار، بەشداریی لە یەکەم کوبونەوەی ناو وڵاتی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. لە سەروبەندی کۆبونەوەکەدا لەگەڵ نوێنەرانی کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستاندا لەسەر ئەوە رێك کەوت کە ببێ بە یەکێ لە نوێنەرانی کۆمەڵە لە کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا. ئەم هەنگاوە یەکەم هەنگاو بوو بۆ رێکخستنەوەی کۆمەڵە. لە کۆبونەوەکەدا لەگەڵ هەر یەك لە شاسوار جەلال، مەلا بەختیار، سالار عەزیز، ئازاد هەورامی و عومەر عەبدوڵڵا بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. پاش بڕیاردان لەسەر دابەش کردنی کوردستان بەسەر چەند هەرێمێکدا، لەسەر پشکی کۆمەڵە لێپرسراوەتیی هەرێمی ٣ی شارباژێڕی پێ سپێردرا. لە تشرینی دووەمدا برادۆستی بەجێ هێشت و چووە شارباژێڕ. لەوێ وەك یەکەم فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێڕ دەستی بە جێبەجێ ئەرکەکانی کرد. لە ماوەیەکی کەمدا توانی هێزی پێشمەرگەی هەرێمەکە رێك بخاو چەردەیەك رێساو نەریت بۆ بەڕێوەچونی کاروباری پێشمەرگایەتی دابنێ.

لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٨دا سەرپەرشتیی یەکەم کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی کرد لەگوندی نۆکان. لەم کۆبونەوەیەدا کۆتایی بەڕۆڵی کۆمیتەی هەرێمەکان هات و یەکەم سەرکردایەتیی هەڵبژێردراو بۆ کۆمەڵە دابین کرا. لەم کۆبونەوەیە بەدواوە تا بەسترانی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨١، بە کردەوە رۆڵی سکرتێری کۆمەڵەی گێڕاوە.

لە ئایاری ١٩٧٨دا لە قەندیل یەکێ لەگرنگترین بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەرکرد کە هەواڵنامەی کوردستانی عیراقەو رۆڵی سەرنوسەری تێدا گێڕا. ئەم بڵاوکراوەیە بە دیکۆمێنتێکی مێژویی گرنگ سەبارەت بە قۆناغی بەرایی سەردەمی پێشمەرگایەتی دەژمێردرێ.

لە تشرینی دووەمدا کۆبونەوەی دووەمی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی لەگوندی شێنێ رێکخست. لەم کۆبونەوەیەدا سەرکردایەتییەکی تازە بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردراو بڕیار درا ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرەنس بکرێ. هەر ئەو مانگە، یەکەم ژمارەی لەگۆڤاری «کۆمەڵە» دەرکرد کە بە یەکێ لەگرنگترین و پێشکەوتوترین ئەدەبیاتی سەردەمی پێشمەرگایەتی دادەنرێ.

لە ساڵی ١٩٧٩دا سەرکەوتوو بوو لەگۆڕینی ناوی کۆمەڵە لەکۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستانەوە بۆ ناوێکی گونجاوتر کەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە. ئەم هەنگاوە رێخۆشکەر بوو بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەك چاکسازی کە دەرفەتێکی زۆری بۆ پەلوپۆ هاوێشتنی کۆمەڵەو سەقامگیرکردنی رۆڵی لەگۆڕەپانی سیاسیدا رەخساند. بەڵام هەر ئەو ساڵە ناچار بوو مامەڵە لەگەڵ دوو فراکسیۆندا بکات کە لە ناو ریزی کۆمەڵەدا سەریان هەڵدا، یەکێکیان فراکسیۆنی کۆمیتەی هەرێمەکان بوو کە لە ڕوی سۆزدارییەوە بە کەلەپوری شاسوار جەلالەوە بەسترابۆوەو ئەوی تر فراکسیۆنی سەرکردایەتیی دێرینی کۆمەڵە بوو کە لە ڕوی سۆزدارییەوە بە شەهاب شێخ نورییەوە گرێ درابوو. لە ساڵی ١٩٨١دا سەرپەرشتیی بەڕێوەچونی کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی کردو توانی سنورێك بۆ پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی ناو

کۆمەڵە دابنێ، بەڵام نەك تا ئەندازەی ریشەکێش کردنیان. لەو ساڵەدا یەکێ لەگرنگترین کتێبەکانی بە ناونیشانی «کارەساتی هەکاری» بڵاوکردەوە کەتایبەتە بەگێڕانەوەو شرۆڤەکردنی وردەکارییەکانی ئۆپەراسیۆنی ساڵی ۱۹۷۸ی هەکاری کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە هەکاری لە تورکیا گورزێکی بە هێزیان تێسرەوێنرا و نەیانتوانی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. یەکێتی چەند سەرکردەیەکی گەورەی لەم ئۆپەراسیۆنە لەدەستدا لەوانە عەلی عەسکەری، خالید سەعید و حسێن بابە شێخ.

لەو ماوەیەدا بەشێکی گرنگی رەنج و کۆششی خۆی بۆ رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە تەرخان کردو لەم سەروبەندەدا کارکردنی بە سیستمی هەرێمەکان راگرتو سیستمی تیپەکانی داهێنا کە تێیدا هەرێمەکان بەسەر چەند یەکەیەکی بچوکتردا دابەش کران. دواتر، ئەزمون نیشانی دا کە سیستمی تیپەکان لە سیستمی پێشوو کاراترو گونجاوتر بووە.

لە ساڵی ۱۹۸۲دا سەرپەرشتیی بەستنی کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی کردو تێیدا چەردە چاکسازییەکی دیکەی هێنایە دی کە بەهۆیەوە کۆمەڵە رزگاری بوو لە خۆپابەند کردنی کتومت بە ئایدیۆلۆژیاو لە ڕوی بیروباوەڕەوە کرانەوەیەکی زۆرتری بۆ فەراهەم کرا. هەر ئەو ساڵە پشتگیریی ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوانی کرد کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فریای هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەوتن و لە وەرزی زستاندا رێیان لە پێشڕەویی سوپای پاسدارانی ئێران گرت. لەم سەروبەندەدا بانگەشەی بۆ تیۆریی « یەکبونی مەسەلەی کورد» کردو لەم روەوە زنجیرە وتارێکی لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بڵاوکردەوە کە دواتر لەنامیلکەیەکدا بە ناونیشانی «ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یان چەند مەسەلەیەکە؟» کۆکرانەوە.

لە کۆتایی ساڵی ۱۹۸۲دا بەشدارییەکی کارای لە فۆرمۆلەبەندی کردنی پڕۆژەی دامەزراندنی مەڵبەندەکاندا کردو بە پێی سیستمە تازەکە کوردستان بەسەر چوار مەڵبەنددا دابەش کراو بۆ هەر مەڵبەندێك سەرکردایەتییەکی لۆکاڵ دانرا.

ساڵی ۱۹۸۳ لەگەڵ هەڵکشانی ئاستی گرژی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی جود کە گەلەکۆمەکێیەکی بەهێزیان بە پشتیوانیی ئێران لە دژی یەکێتیی نیشتمانی پێك هێنابوو، سەرکردایەتیی هێزەکانی یەکێتیی کرد، لە ناوچەکانی پشدەرو خۆشناوەتیو قەندیل ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕی یەکەم و دووەمی دژ بە بەرەی جودی بەڕێوە بردو سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا.

ساڵی ۱۹۸٤ پشتگیریی پرۆسەی وتوویژی کرد لەگەڵ حکومەتی عیراقدا و لە بەشێکی خولەکانی وتوویژەکەشدا لە سورداش و بەغدا بەشدار بوو.

لەو ساڵەدا کۆمەڵە لە ناوخۆدا ململانێی سەختی بەخۆیەوە بینی. رەوتێکی چالاک و بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا دەرکەوت کەدواتر رێکخراوی ئاڵای شۆڕشی لێ کەوتەوە و شاسوار جەلالی شەهیدبوی ساڵی ۱۹۷۸ی بە ئیلهامبەخش و سەرچاوەی هێزی فیکریی خۆی دادەنا. لەکۆنفرەنسی سێیەمدا کە لە مێرگەپان بەسترا، سەرەڕای ئەوەی کە ململانێکە بە قازانجی باڵی نەوشیروان مستەفادا شکایەوە، کێشەکان لەگەڵ باڵی رکابەردا هەر درێژەیان کێشا و بە شێوەیەکی ریشەیی بە لایەکدا نەکەوتن. ساڵی ۱۹۸٥ نەوشیروان مستەفا ململانێکەی یەکلا کردەوەو بە بەکارهێنانی رێوشوێنی توند رەوتە رکابەرەکەی لە کۆمەڵە دور خستەوە.

ساڵی ۱۹۸۸ سەرپەرشتیی پرۆسەی

بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالی کرد کە تێیدا هێزەکانی عیراق هێرشی توندیان کردە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی لەدۆڵی جافەتیو بەری مەرگە. پاش پەرەسەندنی جەنگی کیمیایی و زیادبونی فشاری هێزەکانی عیراق، بارەگای سەرکردایەتیی بۆ قاسمە رەش گواستەوەو کەوتە دانانی بەرنامە بۆ گونجاندنی شێوازەکانی خەبات لەگەڵ ئاکامی قۆناغی دوای شاڵاوی ئەنفالەکان و وەستانی جەنگی عیراق- ئێراندا.

ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی هەستیاری مێژوی خەباتی چەکداری کوردایەتی دادەنرێ. خەمی سەرەکیی لەو قۆناغەدا رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو داهێنانی شێوەی گونجاوتر بوو بۆ بەردەوام بوونی خەبات.

شێوەی بیرکردنەوەی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩١ رەنگدانەوەی قۆناغێکی سەخت و دژوارە. بە شێوەیەکی گشتی، بەرنامەی قۆناغەکە لەسەر بنەمای رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو گۆڕینی شێوازەکانی روبەڕوبونەوە دانراوە. هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەکە پشتئەستور بون بە چوار بنەما کە ئەمانەن:

-گۆڕینی بەشێکی هێزی پێشمەرگە بەهێزێکی پارتیزانی تۆکمە بۆ کارکردن لە ناوچە چۆڵکراوەکان و دەوروبەری شارەکان.

-پێکهێنانی مەفرەزەی چەکدار لە شارەکاندا و دانانی بنکەی نهێنی لە ناو شارەکان بۆ دروست کردنی رایەڵە لە نێوان مەفرەزە پارتیزانەکان و رێکخستنی شارەکان.

-کردنەوەی چەند خولێکی عەسکەری بۆ هێزی پێشمەرگە، بە یارمەتیی ئێرانییەکان، بۆ پەرەپێدانی وزەو توانای هێزی پێشمەرگە.

-رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بە جۆرێکی گونجاوتر لەگەڵ هەلومەرجی پاش ئەنفالەکان و بە چەشنێك کەبتوانێ وەك هێزێکی نیمچە دیسپلیندار ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

مەفرەزە پارتیزانەکان رۆڵێکی مێژوییان لە پاراستنی پەیام و کەلەپوری پێشمەرگایەتیدا گێڕا و توانییان گیان و بەهاکانی بەرخودان و کۆڵنەدان بە کڵپە سەندویی بهێڵنەوە. مەفرەزەکان تا سەرەتای ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بون لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆیان لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر، شارباژێڕ، قەرەداغ، گەرمیان، چەمی رێزان، دۆڵی جافەتی، باڵەکایەتی، خۆشناوەتی، دەشتی هەریرو ئاکۆیەتی. بایەخی مەفرەزە پارتیزانەکان پاش هێرشی عیراق بۆ سەر کوێت لە ئابی ١٩٩٠ زۆر زیادی کرد.

لە ساڵی ١٩٨٩دا لە ناوچەکانی سەر سنور بەرنامەیەکی تازەی بۆ رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە داناو دواتر سیستمێکی تازەی بۆ هەڵسوڕانی هێزی پێشمەرگە لەسەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی تیپەکان و کارکردن بەسیستمی بەتالیۆنەکان داڕشت. بەپێی سیستمە تازەکە، یەکەی لە تیپ گەورەتر داهات و بەم پێیە لە هەر سێ تیپ بەتالیۆنێکی ١٥٠ پێشمەرگەریی پێك هێنرا. سیستمە تازەکە رواڵەتی میلیشیایی هێزی پێشمەرگەی کەم کردەوەو کارێکی وای کرد هێزی پێشمەرگە لەوە نزیك ببێتەوە کە وەك هێزێکی نیمچە دیسپلیندار خۆی بنوێنێ.

بە پێی بەرنامەکە، رێکخستنێکی چەکداری تۆکمە لە ناو شارەکان بە ناوی سوپای رزگاریی کوردستان (سرك) لە ئەندامانی رێکخستنەکان و پێشمەرگە کۆنەکان پێك هێنرا. ریتمی پێکهێنانی سوپاکە پاش هێرشی عیراق بۆ سەر کوێتو زیادبونی ئەگەری دەستوەشاندن لە عیراق، زۆر بەخێرایی گەشەی کردو شانە چەکدارەکان لە ناوچەکانی هەولێر، سلێمانی، رانیە، کەرکوك، عەربەت، کفری، دەربەندیخان، کەلار،

شارەزور، باوەنور، سەید سادق، زەڕایەن و خەبات پێك هێنران.

لەو ماوەیەدا لە ژێر کاریگەریی چاکسازییەکانی سەرۆکی یەکێتیی سۆڤێت میخائیل گۆرباچۆڤ و لەقبونی پێگەی بلۆکی سۆسیالیست لە جیهانداو پاشەکشەی رۆڵی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم لە سیاسەتی جیهاندا، لەسەر ئەو باوەڕە گیرسایەوە کە کاتی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی کردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە حزبێکی یەکگرتوو هاتووە. لە حوزەیرانی ١٩٨٩ بەدواوە کۆمەڵەی رەنجدەران بە کردەوە وەك رێکخراوی نەبووی لێ هات.

ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ زیادبونی ئەگەری گورز وەشاندن لەعیراق دوا بەدوای پەرەسەندنی کێشەی کوێت، دەستپێشخەریی لە دانانی نەخشەی راپەڕینێکی سەرتاسەری کردو بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە نەخشەکەی بەلایەنە پێکهێنەرەکانی بەرەی کوردستانی پێشکەش کرد. وەك لەنەخشەکەدا هاتبوو، راپەڕین لەو شوێنەوە دەستی پێ کرد کەنزیکترین شوێن بوو لە بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، واتە رانیە. نەخشەکە ئەو هەلەی بۆ رانیە رەخساند کەببێ بەدەروازەی راپەڕین. لەقۆناغەکانی تری راپەڕیندا بارەگاکەی بۆ پیرمام گواستەوە و دواتریش سەرپەرشتیی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکی کرد.

ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە شێوەیەکی فەرمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی هەڵوەشاندەوەو لەگەڵ تاڵەبانی و دکتۆر فوئاد مەعسوم بەشدار بوو لە پرۆسەی یەکخستنی باڵەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە یەك حزبی یەکگرتوودا. هەرچەند هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە سەرچاوەی سەرەکیی هێزی لێ سەندەوە، بەڵام ئەو پێی وابوو کۆمەڵە ئەرکی مێژویی خۆی ئەنجام داوەو هیچ پاساوێك بۆ هێشتنەوەی نەماوە.

پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سپاردنی ئەرکی پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەکتەبی سیاسی کاندیدی کرد بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڵام ئەو ئەم لێپرسراوەتییەی نەگرتە ئەستۆو وەك جێگری سکرتێری گشتی مایەوە. ئەمەش بە یەکێ لە گەورەترین هەڵەکانی مێژوی سیاسیی دادەندرێ.

لە سەروبەندی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆدا هەوڵەکانی بۆ راگرتنی شەڕ خستە گەڕو بەشدارییەکی کارای لە دانوستانەکانی دەرەوەی وڵاتدا کرد بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێی چەکدار. لە ساڵی ١٩٩٥ دا سەرۆکایەتیی شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد لەو دانوستانەی کە بە ناوبژیوانیی فەرەنسا لە پاریس بەڕێوە چوو و بە شێوەیەکی سەرەتایی ئەو رێککەوتننامەیەی واژۆ کرد کە شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شاندی پارتی دیموکرات پێی گەیشتبون و وا دانرا بوو کە لە قۆناغی کۆتاییدا هەر یەك لە تاڵەبانی و بارزانی لە پاریس بە شێوەیەکی کۆتایی واژۆی بکەن. هەروەها هەمان ساڵ سەرۆکایەتیی شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کرد لە دانوستانەکانی درۆگیدا و دبلن بۆ گەیشتن بە رێککەوتن بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ.

ساڵی ١٩٩٧ دەستی بە بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی کردو نیازی وابوو بە شێوەی زنجیرەیەکی پێنج ئەڵقەیی بڵاویان بکاتەوەو تێیدا وردەکاری و سەربهوردەکانی دیوی ناوەوەی رووداوەکانی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٦ بگێڕێتەوە. زنجیرەی یەکەم و دووەمی

بیرەوەرییەکانی لە ساڵی ١٩٩٧ بە ناونیشانی« لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ» و «پەنجەکان یەکتری دەشکێنن» و زنجیرەی سێیەمی بە ناونیشانی «خولانەوە لە ناو بازنەدا» لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکردەوە. ئەم بیرەوەرییانە بۆ شرۆڤەکردنی وردەکاریی ژیانی سیاسیی ماوەی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٦ بایەخێکی تایبەتیان هەیەو بە دیکۆمێنتێکی مێژوویی گرنگ دەژمێردرێن.

ساڵی ٢٠٠٦ بە هۆی پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ تاڵەبانی، وازی لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتی هێنا، دەستی لەکار کێشایەوەو لەم سەروبەندەدا کۆمپانیای وشەی بۆ کاروباری راگەیاندن دامەزراند. ساڵی ٢٠٠٩ بڕیاری دا بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بکا و لەم سەروبەندەدا لیستی گۆڕانی پێکهێنا. لە هەڵبژاردندا لە سەرجەمی ١٠٥ کورسی، ٢٥ کورسیی بەدەستهێنا. ساڵی ٢٠١٠ لیستەکەی کردە قەوارەیەکی سیاسی بە ناوی بزوتنەوەی گۆڕان و مۆڵەتی فەرمیی لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرت.

ساڵی ٢٠١٢ توانی بەشێکی کێشەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چارەسەر بکات و لەم سەروبەندەدا لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا کە لە دەباشان واژۆ کرا، لەگەڵ تاڵەبانی لەسەر ئەوە رێککەوت کە پێکەوە هەوڵ و کۆششەکانیان بخەنە گەڕ بۆ چەسپاندنی سیستمی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣دا توانی ٢٤ کورسی بۆ گروپەکەی دابین بکات و لەم سەروبەندەدا بەشدار بوو لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لە ١٧ی ئایاری ٢٠١٦ دا بەشێکی تری کێشەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چارەسەر کردو رێککەوتننامەی سیاسیی نێوان بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی واژۆ کرد.

لە ١٩ی ئایاری ٢٠١٧ دا پاش ململانێیەکی سەخت و درێژخایەن لەگەڵ نەخۆشیدا، لە سلێمانی کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی لە گردی زەرگەتە بە خاك سپێردرا. لە سلێمانی و هەولێرو کەرکوك پرسەی شایستەی بۆ دانرا.

بە هۆی کۆچی دواییەوە، مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ٢٠ی ئایاردا بڕیاری دا کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە بڕیار بوو لە ٢١ی ئایار لە کەرکوك ببەسترێ، بۆ کاتێکی تر دوا بخرێ. لە ٢٢ی ئایاریش بڕیار درا هیچ رێ و رەسمێکی سەرتاپاگیر بە بۆنەی یادی ٤٢ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە رێك نەخرێ.

نەوشیروان مستەفا بە یەکێ لە گەورە رۆشنبیرانی کورد دەژمێردرێ. لە تافی لاویدا شەپۆلی شۆڕشگێڕی رایماڵی و وای کرد بە لای مارکسیزمدا بچێ و لەم سەروبەندەدا لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا وەك رۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕی ماویست دەرکەوت. دواتر، بەشدار بوو لە وەرگێڕانی کتێبە سورەکەی رابەری چین ماو تسی تۆنگ. لەم سەروبەندەدا هەلی کارکردنی لە گۆڤاری «رزگاری» بۆ بانگەشەکردن بۆ ئەزمونی چین قۆستەوەو لەو گۆشە نیگایەوە ئەو ئەزمونەی هەڵسەنگاند کە لە ئەزمونە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوروپاو روسیا زیاتر بە کەڵکی کوردستان دێت. تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٧٧ گەڕایەوە بۆ کوردستان، هەر باوەڕی بە ئەزمونی چین و چوار چینە شۆڕشگێڕەکەو هاوپەیمانیی کرێکاران و جوتیارە هەژارەکان هەبوو. بۆ دوایین جار لە ژیانیدا، لە

ساڵی ١٩٧٨، لە وتارێکدا نوسینەکانی ماوتسی تۆنگی، شان بە شانی نوسینەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین، بە بەشێکی سەرچاوە ڕەسەنەکانی مارکسیزم داناوە. بەڵام هەر ئەو ساڵە، پێداچونەوەی بە بۆچونەکانیدا کردو ماوی لە ریزی مارکس و ئەنگلس و لینین دەرهێناو بەرە بەرە بەرەو ریالیزمی سیاسی چوو. لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەی ئەو ساڵەی شێنیێ، ئەزمونی چینی بە ئەزمونێکی لۆکال دایە قەڵەم و ماویزمی بە پراکتیزەیەکی چینییانەی مارکسیزم دانا. بەڵام ئەمە رێی لەوە نەگرت کە هەر بەردەوام بێ لەسەر متمانە بە سۆسیالیزم وەك رێوشوێنێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەژاری، ئەگەرچی باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە جگە لە سۆسیالیزمێکی تەبا لەگەڵ پێداویستییەکانی کوردستان هیچ سۆسیالیزمێکی تر بە کەڵکی کوردستان نایەت. ئەمەش بەشێك بوو لە تێڕوانینە کوردستانییەکانی کە تێیدا بەو چاوە سەیری سۆسیالیزمی کردووە کە دەبێ مۆرکێکی نیشتمانی و مرۆڤانەی هەبێ. لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا، میانڕەویی لە ناو کۆمەڵەدا چەسپاندو بە شێوەیەکی فەرمی کۆتایی بەو مشتومڕانە هێنا کە یەکێتیی سۆڤێت و بلۆکی کۆمۆنیستیان بە لادەر لە مارکسیزم و سۆسیال ئیمپریالیست دادەنا. ئەمەش دورکەوتنەوەیەکی کردارەکی بوو لە ماویزم و خۆڕاپسکاندن لە کەلەپوری ئەزمونی چین.

بەڵام ئەو لە پەرەسەندنی فیکرییدا، هەر بە دورکەوتنەوە لە ماویزم دانەکەوت، بەڵکو تا دەهات زۆرتر متمانەی بە مارکسیزم وەك ئایدیۆلۆژیایەکی گونجاو بۆ بەکارهێنان لەق دەبوو. لەباتی ئەمە، هەوڵیدا بیرۆکە چەپە پێشکەوتنخوازەکان و ئەنگێزە ناسیۆنالیستییەکان تێکهەڵکێشی یەکتری بکات و ئاوێتەیەکی گونجاوتریان لێ پێك بێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجی خەباتی نەتەوەیی تەباتر بن. بەڵام ئەم هەوڵە لە ناوخۆدا بە سوکایەتی کردن بە مارکسیزم دانراو بەرەیەکی لە بەردەمدا قوت کردەوە کە پێی وابوو خاوێنیی ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵەو شوناسە چینایەتییەکەی هەڕەشەی لەناوچونیان لەسەرە.

ئەو لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا، لە بنەما گشتییەکانی یەکسانی و دادپەروەری دور نەکەوتەوەو لەم روەوە زۆر پەیڕەویی لە بنەماکانی ماتریالیزمی مێژوویی کردووەو لە تێڕوانینە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا فەلسەفەو سیاسەتی تێکهەڵکێشی یەکتر کردووە.

لە پراکتیکدا، میکانیزمی خێرای بۆ گەیشتن بە ئامانج بەکار هێناوە کە پێشتر، بە وردی و بە شێنەیی و بە چاکی، پلانی بۆ دانراوە.

لە ئەزمونی پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنی مەدەنیدا، بە بەکارهێنانی فشاری شەقام، تینی بە چەمکی ئۆپۆزیسیۆن بەخشی و هەوڵی دا شەقام بکاتە ئامرازی رەتکردنەوەی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی.

لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا زۆرتر بە لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی و مێژوویی سەرقاڵ بوو و لەم رووەوە کتێبخانەی کوردیی بە چەردەیەك بەرهەمی بەپێز دەوڵەمەند کرد.

هەرچەند نەوشیروان مستەفا لە ساڵی ٢٠٠٦ دا وازی لە حزب هێنا و لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدواوە، لە مەیدانی سیاسیدا زۆر رکابەریی حزبی کرد، بەتایبەتی لە دەڤەری سلێمانی، بەڵام کادیرانی حزب هەمیشە بە چاوی رێز و پێزانینەوە روانیویاتە رۆڵ و پێگەی لە مێژوی حزبەکەیاندا، تەنانەت پاش کۆچی دواییشی، هەر سەرچاوەی ئیلهامبەخشیان بووە. لە ساڵیادی کۆچی دوایی نەوشیروان

مستەفادا لە ساڵی ٢٠٢٠، سەرۆکایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بەم بۆنەیەوە بە «سەرکردەیەکی قارەمانی کوردستان» ناوی برد کە لە دوای خۆی « گەنجینەیەکی گەورەی» لە بواری سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی بەجێ هێشتووە. بەیاننامەکە رێز و پێزانینی خۆی بۆ خەباتی نەوشیروان مستەفا و هەڤاڵەکانی «لە ناو یەکێتی» دەربڕی، هەروەك نیشانی دا کە «کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە سیاسەتی حەکیمانەی مام جەلال و راشکاویی کاك نەوشیروانە و جێگەی خاڵیی ئەم دوو هاوڕێیەی خەبات، بە روونی لە تانوپۆی کوردەواریدا هەستی پێ دەکرێت».

### پاشکۆ

### بەیاننامەی سەرۆکایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
### لە ساڵیادی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفادا

ئەمڕۆ ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردەیەکی قارەمانی کوردستانە. لەم یادەدا سەری رێز و وەفا بۆ هزر و خەبات و قەڵەمی نیشتمانپەروەرێك دادەنەوێنین کە بە دەم رێگای سەخت و دوری تێکۆشانەوە، گوڵچنی کولتور و ئەدەب و مێژوی شۆڕشی کوردستانی کردووە، دوای خۆیشی گەنجینەیەکی گەورەی سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی بۆ جێ هێشتوین.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەمیشە بە چاوی وەفادارییەوە دەڕوانێتە خەباتی کاك نەوشیروان و هەڤاڵەکانی لە ناو یەکێتی، کە لەپێناوی ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری و مافی چارەی خۆنوسیندا، شۆڕشی نوێی گەلی کوردستانیان هەڵگیرساند. ئەمڕۆ و نزیك بە نیو سەدە دوای ئەو رۆژگارە، کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە سیاسەتی حەکیمانەی مام جەلال و راشکاویی کاك نەوشیروانە و جێگەی خاڵیی ئەم دوو هاوڕێیەی خەبات، بە روونی لە تانوپۆی کوردەواریدا هەستی پێ دەکرێت.

لە یادمانە دوا هەنگاوی سیاسیی مام جەلال و کاك نەوشیروان، کارکردن بوو بۆ دروستکردنی سەرکردایەتیی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان. ئەمڕۆ ئێمە درێژەدان بەو هەنگاوە، بە ئەرکێکی سەرەکیی خۆمانی دەزانین و خەباتی بۆ دەکەین، بەو هیوایەی یەکخستنی ریزەکانمان لەپێناوی خزمەتکردنی شایستەی خەڵکی کوردستان، رۆحی ئەوان و سەرجەم شەهید و تێکۆشەرانی ئەم رێبازە ئاسودە بکات.

سەرۆکایەتیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
**٢٠٢٠/٥/١٩**

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠٢٠/٥/٢٠)

بابەتی پەیوەندیدار:

*دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

*نۆکان (کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان).


*کۆمەڵە (گۆڤار).

*کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

*کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

*گۆڕان (بزوتنەوە).

# نەهرۆ سەعید سۆفی



پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوی ڕێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی گوندی دەربەندی گۆم لە ناوچەی کەندیناوەی باشوری هەولێر. ئەو رووداوە سەخت و دژوارانەی کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم بەسەر زێدەکەیدا هاتوون، کاریگەریی زۆریان لەسەر بڕاردە سیاسییەکانی بەجێ هێشتووە. لە ساڵی ١٩٦٣دا گوندەکەی لەسەر دەستی سوپای عیراق تاڵان کرا و سوتێنرا. ئەمەش خێزانەکەی ناچار کرد روو بکاتە هەولێرو لەوێ نیشتەجێ بێ. ساڵی ١٩٦٧ لە هەولێر خرایە بەر خوێندن. ئەو لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بوو کاتێك حکومەتی عیراق ڕێی دا گوندەکەی ئاوەدان بکرێتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥دا گوندەکە بۆ جاری دووەم تاڵان کرا و دانیشتوانەکەی دەربەدەر کرانەوە.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو وەك هەڵسوڕاوێکی کارای بواری ڕێکخستن کاری کرد.

ساڵی ١٩٨٠ ئامادەیی پیشەسازیی لە هەولێر تەواو کرد. لەبەر ئەوەی لە دە خوێندکارە یەکەمەکان بوو، لە پەیمانگای تەکنەلۆژیای رومادی وەرگیرا. لە ساڵی ١٩٨٢دا لە هەولێر بەشدارییەکی کارای لەو راپەڕینەدا کرد کە سەرتاسەری کوردستانی گرتبۆوە.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە کەرتی ڕێکخستی شەقڵاوە لە دۆڵی بالیسان ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی ١٩٨٣ لێپرساوەتیی ڕێکخستنی پێشمەرگەی لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی پێ سپێردرا. سەرباری ئەم کارە، ماوەیەکیش سەرپەرشتیی کاروباری ڕێکخستنی جەماوەری لە سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێر کرد.

لەو سۆنگەیەوە کە خۆی‌و سێ برای، بورهان و سەردارو سەرتیپ، پێشمەرگە بون، دەزگا ئەمنییەکانی عیراق دایکی‌و زڕدایکی‌و چوار برای‌و خوشکێکیان بۆ ماوەی ١٤ی مانگ دەستگیر کردو باوکی‌و دوو برای تری خۆیان شاردەوەو پاشان رویان کردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٨٤دا کاتێك دایکی‌و زڕدایکی‌و خوشك‌و براکانی ئازاد کران، هەمویان لە دۆڵی سماقوڵی لەگوندەکانی ناودارۆکان‌و بیرۆکە گیرسانەوەو دواتر لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا ئاوارەی ئێران بون.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سەرەڕای هەڵسوڕانی وەك کادیرێکی ڕێکخستن، وەك پێشمەرگە بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنی تەقتەق‌و دێگەڵە(١٩٨٧) و ئۆپەراسیۆنی گرتنی سەری رەش‌و شەڕەکانی دۆڵی جافەتی (١٩٨٨).

ساڵی ١٩٨٨ کرایە لێپرساوی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە شاری شنۆ. پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بووە لێپرساوی پەیوەندییەکان لە سۆران. ساڵی ١٩٩٢، دوا بەدوای دامەزراندنی مەڵبەندی ٦ی ڕێکخستنی سۆران، کرایە کارگێڕی مەڵبەند. ساڵی ١٩٩٤ بووە جێگری لێپرساوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان. ساڵی ١٩٩٥ گەڕایەوە بۆ بواری ڕێکخستن‌و کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن.

ساڵی ١٩٩٧ بۆ چارەسەر چوو بۆ هۆڵەندەو لەم سەروبەندەدا تا ساڵی ٢٠٠٣ لێپرساوەتیی کارگێڕی مەڵبەندی دەرەوەی گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە بۆ عیراق و بووە ئەندامی ئەنجومەنی

نیشتمانیی عیراقو دوای تەواوبونی ماوەی ئەندامەتیی لەو ئەنجومەنە لە ساڵی ٢٠٠٥، خانەنشین کرا.

ساڵی ٢٠١٠ ڕەخنەی لە هەندێ دیاردەی نەخوازراوی ناو یەکێتیی نیشتمانی گرت و ئەو ساڵە خۆیو ٩ هاوڕێی دەستیان لەکار کێشایەوە بەڵام سکرتێری گشتی دەست لەکار کێشانەوەکەی پەسند نەکرد.

## نەهرۆ قەسرۆکی*



فەرماندە. ناوی تەواوی عوزێر مارف. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٥ی گوندی قەسرۆکی شێخ بزێنیی سەروو. لەبەر هەژاریی خانەوادەکەی، بۆی نەلواوە بچێتە بەر خوێندن.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە هەرێمی ٢ی کەرکوك ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. پلەکانی پێشمەرگایەتیی پلە بەپلە بڕیوە تا لە دواییدا لە ساڵی ١٩٨٨ دا بووەتە فەرماندەی کەرت لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان. لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی ژمارەیەکی زۆر چالاکیو شەڕی کردووە، هەم لە سنوری ناوچەی کەرکوکدا هەم لە دەرەوەی سنوری ناوچەکەداو سێ جاریش بریندار بووە.

لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا سەرجەم ئەندامانی خانەوادەکەی شوێنبزر کران. بەشداریی کارای لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دا کردووەو دوای ڕاپەڕین کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆنو پاشان بۆتە جێگری فەرماندەی هێزی ١٢ی تەقتەق. دوا پلەی جێگری فەرماندەی لەشکری ٩ی کۆیە بووە. شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی ئابی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆدا لە چیای کێشکێ شەهید کرا.

## نیاز دەرگەڵەیی



کادیری ڕێکخستنو پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە. ناوی تەواوی نیاز جەلال بەگ محەمەد ئەمین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی دەرگەڵەی سەر بە ڕەواندز. لە بنەماڵەیەکی خوێنەوارو زانست پەروەرە کە ڕۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی خوێندنو زانستدا هەبوە لە ناوچەی باڵەکایەتیو حەوزی سۆران.

ساڵی ١٩٦٢ چۆتە بەر خوێندن بەڵام لەبەر ئاڵۆزییەکانی هەلومەرجی شەڕ لەو سەردەمەدا، خوێندنی سەرەتایی بە پچڕ پچڕی تەواو کردووە. باوکی، جەلال بەگ، لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ لە شۆڕشدا سەرلق بووە لە هێزی کاروخ. لە کاتی هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، بە بنەماڵەوە ئاوارەی ئێران بوو و ماوەیەك لە پارێزگای ئەهواز مایەوە. لەوێ خۆیو ژمارەیەك ئاوارەی تر لە لایەن دەزگای ساواکی ئێرانەوە تەنگیان پێ هەڵچنراو لە ئەنجامدا خۆیو چەند کەسێکی تر لەوانە نیعمەت سورچیو ڕەمزی هەرکیو فاروق عەلی مەولود رادەستی عیراق کرانەوە. لە عیراقدا هەمویان لە سەربازگەی دەغغارەی پارێزگای دیوانیە دەستبەسەر کران. زۆری نەبرد کاربەدەستانی عیراق ئازادیان کردن

بەڵام ڕێیان پێ نەدان بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.
دوا بـەدوای ئـەمـە، نیازو خێزانەکەی کە تا ئەو کاتە لە ئێران مابونەوە، بە زانینی هەواڵی ئازادکردنی جـەلال بـەگ، لـە خاڵی پەروێزخانەوە گـەڕانـەوە بۆ عیراق و پەیوەندییان پێوە کرد.

بنەماڵەکەی، ئەو ماوەیەی وەك دورخراوە لەگوندی ئال عـەبود بەتتوش گوزەراند. گوندەکە سێ سەعات لە شاری ناسریەی پارێزگای زیقارەوە دور بوو. لە شاری ناسریە خوێندنی قۆناغی ناوەندیی تەواو کرد.
ساڵی ١٩٧٦ ڕێ بە بنەماڵەکەی درا بگەڕێتەوە بۆ هەولێر. هەر ئەو ساڵە لە ئامادەیی کشتوکاڵ لـە کـەڵـەك وەرگـیـرا. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٠ گەڕایەوە بۆ زێدی باو باپیرانی لەگوندی دەرگەڵە.

ساڵی ١٩٨٠ دوای ئـەوەی حکومـەت بەشێکی زۆری دام و دەزگاکانی ناوچە سنورییەکان کێشایەوە، خوێندنگەی دەرگەڵە بێ مامۆستا مایەوە. هەست کـردن بە لێپرسراوەتی، هانی دا ببێ بە مامۆستا لە خوێندنگەکە. ساڵی دواتـر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کـردو لە کەرتی ڕێکخستنی چۆمان کاری کرد.
ساڵی ١٩٨٢ لـەگـەڵ پێکهێنانی تیپی ٧٤ی باڵەکدا، گوێزرایەوە بۆ کەرتی ٢ی تیپەکە. هەر ئەو ساڵە بە هۆی زیادبونی ژمـارەی پێشمەرگەکانی تیپەکەوە، لە بەشێکی تیپی ٧٤ی باڵەك تیپێکی نوێ بە ناوی تیپی ٧٨ی کاروخ بە فەرماندەیی ڕەحمان سەیدە پێك هات. لە تیپە تازەکەدا دەرگەڵەیی کرایە ڕابەری سیاسیی کەرتی ٥ و فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٨٨ پاش پەرەسەندنی جەنگی کیمیاییو دەست پێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە بۆ چیای قەندیل و لەوێ بەشداریی لە دوایین شەڕی ئەو قۆناغەدا کرد لە گۆمی کرمە سۆران و کونە کۆترو شێخ شێرۆو پاشان کشایەوە سەر سنور.
لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشدارییەکی کارای لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کـردووە، بە تایبەتی لە تیپی ٧٨ی کـاروخ و لـەم سەروبەندەدا چوار جار برینـدار بـووە، لەوانە دوو جار بە چەکی کیمیایی.
ساڵی ١٩٩٠ لە سەروبەندی هێرشی عیراق بۆ سەر کوێت و زیادبونی ئەگەری گورزوەشاندن لە ڕژێمی عیراق، سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مەفرەزەیەکی بە فەرماندەیی ڕەحمان سەیدە پێك هێناو ئەرکی گەیاندنی دوو دەزگای بێسیم و نامەو ڕاسپاردەی بە ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان پێ سپارد. دەرگەڵەیی یەکێ لەئەندامەکانی ئەو مەفرەزەیە بوو. مەفرەزەکە لەگوندی گوێچکەلانی دۆڵی شاورێ ئامێرو نامەو ڕاسپاردەکانی گەیاندە ئەندامێکی ڕێکخستنەکانی ڕانیەو لەوێوە گەیەنرانە دەست شانە چەکدارەکانی ناو شارەکان.
لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕیندا لە ساڵی ١٩٩١، بەشدارییەکی کارای لە ڕزگارکردنی شارەکاندا کرد لە ڕانیەوە تا کەرکوك.
ساڵی ١٩٩٢ لە سەروبەندی دامەزراندنی سوپای یەکگرتوی کوردستاندا، کرایە فەرماندەی فەوجی ٣ی لیوای ٣٢ لە هەریر. لە ماوەی نێوان ١٩٩٤-١٩٩٦دا، لـە سـەروبـەنـدی هەڵگیرسانی شـەڕی نـاوخـۆدا، لێپرسراوەتیی قۆڵی دەرگـەڵـە و خانەقا و دواتـر لێپرسراوەتیی قۆڵی وەرتـێو کەلێتەی پێ سپێردرا.
ساڵی ١٩٩٦ بەهۆی هەندێ کێشەی ناوخۆییەوە، وازی لە یەکێتیی نیشتمانی هێناو پەیوەندیی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. لەوێ کرایە فەرماندەی

لیوای ٦٥ و لە سنوری برادۆست و سۆران دەسەڵاتێکی زۆری پێ درا. بەڵام پەیوەندی کردنی بە پارتییەوە ئاسودەیی بۆ دابین نەکرد چونکە نەیتوانی لەگەڵ ژینگە تازەکەدا بگونجێو نەشیتوانی لە زۆر دیاردەو هەڵسوکەوتی خراپ بێدەنگ بێ. نزیکەی شەش مانگ پاش پەیوەندی کردنی بە پارتییەوە، نامەیەکی بە ناوی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانییەوە لە ئازاد جندیانییەوە پێ گەیشت و پاشان لە لایەن هەر یەك لە تاڵەبانی و کۆسرەت رەسول عەلییەوە پەیوەندیی پێوە کرایەوە. لە١٦ی ئابی ١٩٩٦دا لە دۆڵی خانەقا پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانییەوە کردو لە لایەن جەبار فەرمان و ئازاد جندیانی و مستەفا سەید قادرەوە پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لێ کرا و دواتریش تاڵەبانی لە قەڵاچوالان چاوی پێ کەوت. هەر لەو ماوەیەدا پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر نزیکەی ٧٥٪ی ناوچەی سۆراندا گرت، کرایە قایمقامی قەزای چۆمان.

لە روداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا کە تێیدا سوپای عیراقو هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوبەشی هێرشیان کردە سەر هەولێر، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کشایەوە بۆ سەر سنور. پاش دەرچونی سوپای عیراق لە هەولێرو رادەست کردنی شارەکە بە پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانی لە تشرینی یەکەمدا ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەی دەست پێکردو تێیدا زۆربەی هەرە زۆری ناوچە لەدەستدراوەکانی لە هێزەکانی پارتی دیموکرات وەرگرتەوە. دەرگەڵەیی رۆڵێکی کارای لە ئۆپەراسیۆنەکەدا هەبوو.

لەم سەروبەندەدا گەڕایەوە سەر پۆستەکەی خۆی وەك قایمقامی چۆمان، بەڵام لەبەر ئەوەی سەنتەری قەزاکەو ناحیەکانی لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستاندا بون، بارەگای قایمقامیەت لە ڕانیە دانراو لەوێوە کەوتە بەڕێوەبردنی کاروباری بەشێکی گوندەکانی دۆڵی باڵەییانو ناودەشت کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی سلێمانیی یەکێتیی نیشتمانیدا بون، سەرباری بەڕێوەبردنی کاروباری ئاوارەکانی سۆران و باڵەکایەتی کە بە هۆی شەڕی ناوخۆوە لە سنوری بیتوێن و پشدەر نیشتەجێ ببون.

ساڵی ٢٠١٠ کرایە ئەندامی یەدەکی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند. هەمان ساڵ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی خولی دووەمی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.

## نیاز سەعید عەلی



کادیرو لێکۆڵیار. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٧ی گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە.


ساڵی ١٩٨٣، کاتێك لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بووە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە کردووە بەڵام لە ساڵی ١٩٨٥ دا وازی لەیەکێتیی شۆڕشگێڕان هێناوەو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. هەر ئەو ساڵە لە بەشی فەلسەفەی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە. لە ساڵی ١٩٨٦دا وازی لە کۆمەڵەی رەنجدەران هێناو پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشەوە کرد کە تازە لە کۆمەڵەی

ڕەنجدەران جیا ببۆوە. لەم سەروبەندەدا کرایە ئەندامی شانەیەکی سەرەکی لە کەرتێکی ڕێکخستنی کۆمیتەی سلێمانیدا و ساڵی پاشتر لێپرسراوەتیی هێڵێکی ڕێکخستنی شاری بەغدای گرتە ئەستۆ. لە ساڵی  خوێندنی ١٩٨٧-١٩٨٨دا لەبەر هۆکاری سیاسی، لە خوێندن دابڕا.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو دواتریش کرایە ئەندامی کەرتی ڕێکخستن لە کۆمیتەی یەکی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی. لە ساڵی ١٩٩٢دا کرایە ئەندامی کۆمیتەو لێپرسراوی کەرتێکی کۆمیتەی ٣ی کاسبکاران. لە ساڵی ١٩٩٣دا شانبەشانی بەڕێوەبردنی کەرتێکی ڕێکخستن، بووە کادیر لە بەشی هۆشیاریو روناکبیریی مەڵبەندو هەر ئەو ساڵە یەکەم نامیلکەی بە ناونیشانی «دەروازەیەك بۆ سۆشیالیزمو سۆشیال دیموکراسی» بڵاوکردۆتەوە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٥دا سێ خولی کادیرانی مەڵبەندی بەڕێوە بردووەو لە ساڵی ١٩٩٥ خولێکی کادیرانی بۆ رابەرە سیاسییەکانی هێزی پێشمەرگە لە قەڵاچوالان کردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٦دا کرایە لێپرسراوی پەیمانگای کادیرانی قەڵاچوالان کە یەکێکە لە دامەزراوە گرنگەکانی پەروەردەکردنو پێگەیاندنی کادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە ساڵی ١٩٩٧دا پلەکەی کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە.

ساڵی ٢٠٠١ بەشداریی لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. پاش دامەزراندنی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، کرایە ئەندامی ئەو مەکتەبەو پەیمانگاکەش خرایە سەر مەکتەبەکە، بۆیە بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی خۆی




وەك لێپرسراوی پەیمانگا.

لە ساڵی ٢٠٠٥دا گەڕایەوە سەر خوێندنی ئەکادیمیو لە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەستی بە خوێندنی سۆسیۆلۆژیا کرد. لە ساڵی ٢٠٠٩دا خوێندنی لە کۆلیجەکە تەواو کرد. ساڵی ٢٠١٠ بەشداریی لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد.

شێوازی لێهاتووی لە بەڕێوەبردنی پەیمانگاکەدا، دەرفەتێکی فراوانی بۆ پێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆری کادیران پێکهێناوە. لە ماوەی نێوان ١٩٩٦-٢٠١٥دا پەیمانگاکە بڕوانامەی دەرچونی بە ٢٢٩٣ کادیر بەخشیوە کە لە پۆلێن کردندا بەسەر کادیری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەو رابەری سیاسیو کادیری پێشکەوتووی جەماوەریو خوێندکاریو ئەفسەرو کۆمیسێری ئاسایشو کادیری ڕێکخراوە پیشەییو دیموکراتییەکان و ڕۆڵەی شەهیدانو کادیری مەکتەبەکاندا دابەش کراون.

سەربارى كاركردنى لە پەيمانگاى كاديران، وەك شارەزا لە بوارى ئيسلامى سياسيدا چەند تويژينەوەيەكى بڵاوكردۆتەوە كە بە سەرچاوەيەكى گرنگ بۆ تاوتوێ كردن و تێگەيشتنى شێوازى بيركردنەوەو كاركردنى بزوتنەوە ئيسلامييە جيهادييەكان دادەنرێن لەوانە «جوندولئيسلام لە كوردستان كێنو چيان دەوێت»، «پشتيوانانى ئيسلام لە كوردستان لقێكو پێگەيەك بۆ رێكخراوى قاعيدە» و «دەربارەى تيرۆر: هەوڵێك بۆ لێكۆڵينەوە لە دياردەى تيرۆر»، «لێكۆڵينەوە لە ئيسلامى سياسى: چەمك، مامەڵەى دەق، پلوراليزم، خەسڵەت».

لە ماوەى ساڵانى ٢٠١٢-٢٠١٣ دا بەڕێوەبەرى پـرۆژەى كـەلـتـوريى هـاوبـەشـى نـێـوان يەكێتيى نيشتمانيى كوردستان و پارتى سۆشيال ديموكراتى سويد بووە.

## نيسان (ئۆپەراسيۆنى كێوماڵ)

ئۆپەراسيۆنى كێوماڵ كردنى قەڵەمڕەوێكى فراوانى پارێزگاى سلێمانى لە نيسانى ساڵى ١٩٨٩ لە لايەن هێزەكانى عيراقەوە بە مەبەستى بنبڕكردنى مەفرەزە پارتيزانەكانى هێزى پێشمەرگەى يەكێتيى نيشتمانيى كوردستان لە قەڵەمڕەوەكە. ئۆپەراسيۆنەكە هەشت رۆژى خاياند، لە١٢ى نيسانەوە دەستى پێ كردو لە ١٩ى نيساندا كۆتايى هات, بە بێ ئەوەى ئامانجەكانى بەدەست بێنێ.

ئەو هێزەى قەڵەمڕەوەكەى كێوماڵ كرد هێزێكى گەورە بووە، بە پاڵپشتى ژمارەيەكى زۆرى تانكو زرێپۆشو هەليكۆپتەر بەرێوە چووە و فەرماندەى لەشكرى يەكى سوپاى عيراق سەرپەرشتيى كردوە. ئۆپەراسيۆنەكە ناوچەكانى دۆڵى جافەتىو دۆڵى مەرگەو دەوروبەرى قەيوانى گرتەوە.

بەپێى نەخشەى دانراو ئۆپەراسيۆنەكە لە دە قۆڵەوە بەڕێوە چوو، ئەويش بەمجۆرە:

قۆڵى يەكەم لە سەربازگەى سوسێو كۆتەڵەوە بەرەو بنارو بەرزاييەكانى چياى پيرەمەگرونو هەلاجو باويدەو قەرەتيكان.

قۆڵى دووەم لە هـەردوو سـەربـازگـەى شـەدەڵـەو قزلەرەوە بەرەو زنجيرەى چياى چەرماوەند و دۆڵى مێرگەپان.

قۆڵى سێيەم لە سەربازگەى قەمچوغەو شێخ باخ و سەرتەزين و چياى ئەحمەد بەگو گوندى سێكانيانەوە.

قۆڵى چـوارەم لەسەربازگەى جۆبڵاخەوە بـەرەو گوندى سێدەرو روتەى قۆمرغان.

قۆڵى پێنجەم لە سەربازگەى بەرگەڵووەوە بەرەو كەركەر، كاڵاو گردەشێر.

قۆڵى شەشەم لە سەربازگەى چاڵاوا و گوێزيلەوە بەرەو ژيلوان، خەرتيزو سيرەمێرگ.

قۆڵى حەوتەم لە سەربازگەى گەورە دێوە بەرەو دۆڵى گەورەدێ، ئاوى تازەو بانەڕەش.

قۆڵى هەشتەم لە سەربازگەى گەڵاڵـەوە بـەرەو دۆڵو چياى شێخ محەمەد.

قـۆڵـى نـۆيـەم لـە سـەربـازگـەى هـەنـجـيـرەوە بەرەوگوندەكانى دۆڵەبى، هەوارە بەرزە، خوڕخوڕە، ياخيان، گۆمەزەڵو دۆڵى بەهار.

قۆڵى دەيەم لە سەربازگەى لۆتەرو كانى تووەوە بەڕەو كوڕكوڕ، بنەباريك و گۆمەداڵ.

لـە مـاوەى نـێـوان ١٤-٢٤ى نيساندا مـەفـرەزە پارتيزانەكان لە كاتى بەڕێوەچونى ئۆپەراسيۆنەكەو پاش كۆتايى هاتنى، چەند چالاكييەكيان ئەنجام دا كە بەمجۆرە بووە:

-شـەوى ١٥ لەسەر ١٦ى نيسان مەفرەزەيەكى پارتيزانى رستى سـورداش لەسەر رێى كانى توو-

مـەرگـە، لـە نـێوان هــەردوو گـوندی چۆڵکراوی چنارنیو سێروان، مینێکی چاند. مینەکە سەعات ١٨,٣٠ی ڕۆژی ١٦ی نیسان لە ژێر ئیڤایەکی پڕ سەربازدا تەقییەوەو بوە هۆی تێك شکاندنی ئیڤاکەو کوژرانو برینداربونی سەرنشینەکانی.

-دەستەیەکی تری پێشمەرگە شەوی ١٦ لەسەر ١٧ی نیسان مینێکی دیکـەی لـە نـێوان هـەردوو گـونـدی ڕاگـوێـزراوی یـاخـیـان و دۆڵـەبـی چاند. سەعات ٨ی ڕۆژی ١٧ی نیسان مینەکە لە نزیك خڕی هۆمەر بەگ لە ژێر ئیڤایەکدا تەقییەوەو بوە هۆی تێك شکانی ئیڤاکەو کـوژران و برینداربونی سەرنشینەکانی.

پـاش کۆتایی هاتنی کێومالەکەو کشانەوەی هێزەکانی عیراق، شـەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی نیسان مـەفـرەزەیـەکـی پـارتـیـزان لـەسـەر جـادەی دوکـان- بەرگەلو، لە ئاستی گوندی چۆڵکراوی قەڵەم پاشا مینێکی چاند. سەعات ١٠,٣٠ی بەیانی، مینەکە لە ژێر پێی سەربازێکدا تەقییەوەو بوە هۆی کوژرانی. هەروەها شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی نیسان مەفرەزەیەکی پارتیزان لەسەر ڕێگای قزلەر- سلێمانی، لە نێوان هەردوو گوندی چۆڵکراوی قالاوا و قزلەر، مینێکی چاند. مینەکە سەعات ٦ی ڕۆژی ٢٤ی نیسان لە ژێر ئیڤایەکدا تەقییەوەو بوە هۆی تێك شکانی ئیڤاکەو کوژرانی ٥ سەرباز.

کۆی زیانی زانراوی هێزەکانی عیراق لە سۆنگەی تەقینەوەی مینەکانەوە، کـوژرانـی شـەش سەربازو وێرانکردنی سێ ئیڤایە.

## نیشکولان (کۆبونەوە)

کۆبـونـەوەی نێوان سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەلال تاڵەبانیو شاندی ئێران بە سەرۆکایەتیی داریـوش فروهەر لە ڕۆژانـی ٦ و ٧ی تشرینی یـەکـەمـی سـاڵـی ١٩٧٩ لەگوندی نیشکولان لە ناوچەی سەردەشت. پێش کۆبونەوەکە تاڵەبانی چەند نامەیەکی بۆ ئایەتوڵلا خومەینیو محەمەد مونتەزەریو داریـوش فروهەر نوسی بوو، هانی دابـون شەڕی کوردستان رابگرنو بە ڕێگای گفتوگۆ کێشەی کـورد چارەسـەر بکەن، خۆیشی ئامادەیی ناوبژیوانیی لە نێوان تاران و کورد دەربڕی بوو. شاندەکە پێش ئەوەی تاڵەبانی ببینێ، چاوی بە سەرکردەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و شێخ عیززەددین حوسەینیو سەرکردەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کەوتبوو.

لە کۆبونەوەکەدا تاڵەبانیو فروهەر چۆنیەتیی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی ئێران و شێوەکانی ڕێکخستنی پەیوەندیی نـێوان ئـێـران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جۆری یارمەتیدانی کوردی عیراقیان لە دژی ڕژێمی بەعس تاوتوێ کرد. لە ڕەوتی گفتوگۆکاندا فروهەر ئەوەی دەربڕی کە تاران ئامادەیە مەسەلەی کـورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات بـەڵام بە ئەستەمی زانی بتوانرێ کێشەکە لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی، بەو جۆرەی کە کورد داوای دەکات، چارەسەر بکرێ. بۆچونی ئەو وابوو کە دەبێ سەلماندنی مافەکان بە ناوێکی جیاواز لە ناوی ئۆتۆنۆمی گوزارشتی لێ بکرێ. فروهەر حزبی دیموکراتی بەوە تاوانبار دەکرد کە بۆتە مایەی هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان و چەك و کۆمەکی دارایی لە عیراق وەردەگرێ، داواشی دەکرد گوشار بخرێتە سەر شێخ عیززەددین حوسەینی بۆ دەرکردنی بەیاننامەیەك، تێیدا داوای ڕاگرتنی شەڕ لەحزبی دیموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بکات.

لە کۆبونەوەکەدا تالەبانی ئەوەی بۆ فروهەر رون کردەوە کە مەسەلەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد بەدەست تارانەوەیەو دەبێ تاران مۆڵەتی کاری سیاسیی ئاشکرا بە حزبە کوردییەکان بدا، گیراوە سیاسییەکانی کورد ئازاد بکا و هێزی پاسداران بکێشێتەوەو چەردەیەك ماف بۆ کورد بسەلمێنێ.

بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان تاران و یەکێتی، تاڵەبانی چەند داوایەکی پێشکەش کرد لەوانە کردنەوەی ئۆفیسێکی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە تاران و چارەسەرکردنی بریندارو نەخۆشەکانی یەکێتی لە نەخۆشخانەکانی ئێرانو دابین کردنی کارئاسانی بۆ کرینی ئازوقەو پێداویستییەکان لە بازارەکانی ئێران. هەر لەو کۆبونەوەیەدا تاڵەبانی داوای کرد باڵیۆزخانەکانی ئێران ڤیزای هاتوچۆی ئێران بە ئەندامان و سەرکردەکانی یەکێتی بدەن و رێ بە یەکێتی بدرێ چەك لە سوریاو لیبیاوە بۆ کوردستان بگوازێتەوە.

پاش کۆبونەوەکە بەماوەیەکی کەم، ئۆفیسی یەکێتی لە تاران کرایەوەو دکتۆر فوئاد مەعسوم کرایە لێپرسراوی. باڵیۆزخانەکانی ئێرانیش کەوتنە دابین کردنی ڤیزا بۆ ئەندامان و سەرکردەکانی یەکێتی، سەرباری ئەوەی کە ئێرانییەکان رەزامەندییان لەسەر ئەوە نیشاندا کە یەکێتی چەك لە سوریا و لیبیاوە بێنێو بەناو خاکی ئێراندا بۆ کوردستان بیگوازێتەوە، بەڵام ئەم خاڵە جێبەجێ نەکرا چونکە پاش ئەوەی کە چەکەکان گەیشتنە تاران، ئێرانییەکان دەستیان بەسەردا گرت و نەیاندا بەیەکێتی. پاش سێ هەفتە لەکۆبونەوەکەی نیشکولان، رادیۆی تاران راگرتنی شەری کوردستانی راگەیاندو پاش سێ هەفتە لەراگەیاندنی راگرتنی شەر، ئایەتوڵڵا خومەینی لە ١٧ی تشرینی دووەمدا نامەی بۆ سەرانی کوردی ئێران نارد و ئامادەیی دەربری کە گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ کورددا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەست پێ بکا.

گفتوگۆکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو هەوڵەکەی فروهەرو تاڵەبانی بە ناکامی مایەوە. ململانێی باڵەکان لە ناو رژێمی تازەی ئێران دەرفەتی ئاشتیی نەقۆستەوەو بە هۆی ئەمەوە شەر لە کوردستان دەستی پێ کردەوە.

داریوش فروهەر: یەکێکە لە کەسایەتییە گەورەکانی مێژوی سیاسیی ئێران. لەدایکبوی ساڵی ١٩٢٨ی شاری ئەسفەهان و دەرچوی کۆلیجی یاسای زانکۆی تارانە. بە بیروباوەر پان ئێرانیستە. لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندیی بە حزبی نیشتمانییەوە کردو بە درێژایی ساڵانێکی دورو درێژ بەشدار بوو لەخەباتدا لە دژی رژێمی شا. ساڵی ١٩٦٠ بە ئەندامی سەرکردایەتیی بەرەی نیشتمانیی ئێران هەڵبژێردرا. ساڵانێکی دورو درێژی تەمەنی لە زیندانەکانی رژێمی شادا بەسەر بردووە. ساڵی ١٩٧٨، لەگەڵ دەستپێکی شۆرشی ئێراندا، چالاکیی سیاسیی خۆی لە دژی رژێمی شا دەست پێ کردەوەو لەو ماوەیەدا خۆیو دکتۆر سنجاویو شاپور بەختیار بە نوسراو داوایان لەشا کرد واز لە دکتاتۆری بێنێو پابەند بێ بە پاشایەتیی دەستوری. هەر ئەو ساڵە، بە مەبەستی دیتنی ئایەتوڵڵا خومەینی، بەرەو پاریس بەرێ کەوت و پاش نزیکەی دوو هەفتە بە یاوەریی ئایەتوڵڵا خومەینی گەرایەوە بۆ ئێران.

لە کابینەی کاتیی مەهدی بازرگاندا لێپرسراوەتیی وەزارەتی کاری پێ درا و دواتر لە حکومەتی ناوەندیدا لێپرسراوەتیی فایلی کاروباری کوردستانی پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٧٩ هەموو هەوڵ و رەنجی خۆی بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی گونجاو بۆ کێشەی کوردی ئێران تەرخان کرد بەڵام هەوڵەکانی

سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا.

هەر ئەو ساڵە خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێران کاندید کرد بەڵام دەنگی پێویستی نەهێناو ئەبولحەسەن بەنی سەدر بووە یەکەم سەرکۆماری ئێران. لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا هیچ رۆڵێکی لە ژیانی سیاسیدا نەنواند. ساڵی ١٩٩٨ خۆیو هاوسەرەکەی لە ماڵەکەی خۆی لە شەقامی هیدایەتی لە تاران، تیرۆر کران.

## نیویۆرک (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق)

کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە نیویۆرك لە ماوەی نێوان ٢٩ی تشرینی یەکەم- ١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩ بۆ تاوتوێ کردنی ئەجیندایەکی هاوبەش بۆ کۆتایی هێنان بە رژێمی سەددام حسێن و هێنانە کایەی رژێمێکی دیموکرات بە پشتیوانیی ئەمریکا.

پاش هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی کاتیی بەکۆمەڵ لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (INC) لە شارۆچکەی وندسۆر لە رۆژئاوای لەندەنی پایتەختی بریتانیا و بڕیاردان لەسەر بەستنی کۆنگرە لە تەموزی ١٩٩٩، یەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتیی کاتی لە ٢٠ی ئایاری ١٩٩٩ لە شاری لەندەن گرێ درا. لە کۆبونەوەکەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا دەربارەی شوێنی بەستنی کۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتی و دیاریکردنی رێژەیەك بۆ بەشداریی هەموو گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لەو کۆبونەوەیە. لەم سەروبەندەدا بڕیاری پێکهێنانی شاندێك بۆ سەردانی واشنتۆن درا و وا بە گونجاو زانرا شاندەکە لە ماوەی ٢٤-٢٨ی ئایار سەردانەکە بکا. شاندەکە لە ١٣ ئەندام پێك هات. نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاندەکە، دکتۆر لەتیف جەمال رەشید بوو. دوانزە ئەندامەکەی تر ئەمانەن: ئەیاد عەللاوی، سەلاح شێخلی، محەمەد عەبدولجەبار شەببوت، موەفەق روبێعی، هۆشیار



زێباری، ئەحمەد چەلەبی، حەسەن نەقیب، مزەفەر ئەرسەلان، حاتەم جاسم موخلیس، شەریف عەلی بن حسێن، ریاز یاوەر و عەدنان پاچەچی.

شاندەکە لە ٢٤ی ئایاردا سەردانی واشنتۆنی کردو لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا چەند بابەتێکی شەن و کەو کرد لەوانە بەستنی کۆنگرەی کۆمەڵەی گشتیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لە نیویۆرك. ئەو شاندەی کە چوو بۆ واشنتۆن، نەیدەتوانی لافی ئەوە لێ بدات کە نوێنەرایەتیی هەموو یان زۆرینەی گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دەکات چونکە زۆربەی گروپە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی سەر بە ئێران و سوریاو ژمارەیەکی زۆری گروپە چەپ و لیبرالەکانی تێدا نەبوو لەوانە پارتی کۆمۆنیستی عیراق، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق، حزبی دەعوەی ئیسلامی، حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی سەر بە سوریاو گروپە ناسریستەکان. تا ئەو کاتە زۆربەی ئەو گروپانەی نەچون بۆ واشنتن، لە سۆنگەی فاکتەری ئایدیۆلۆژییەوە، زۆر پێیان خۆش نەبوو ئەمریکییەکان رابەرایەتیی پرۆسەی روخاندنی رژێمی عیراق بکەن. لە بەرامبەریشدا، خودی ئەمریکییەکان هێشتا دودڵ بون لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گروپانەی کە بە چاوێکی خراپ سەیری سیاسەتی ئەمریکایان دەکرد، بەڵام دواتر توانییان بە چەشنێکی پرەگماتیتر مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکەن.

لە ١٥ی حوزەیراندا ئەو کۆمیسیۆنەی کە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لە وندسۆر بۆ پەیوەندی کردن بە گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقەوە پێکهێنرا بوو، لە لەندەن کۆ بۆوە و هەندێ رێساو میکانیزمی بۆ دیاریکردنی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەی نیویۆرك دانا و دەستی بە پەیوەندی کردن بە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە کرد.

لە ئەیلولی ١٩٩٩دا سەرکردایەتیی کاتیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق کەوتە خۆئامادەکردن بۆ ناردنی شاندێك بۆ نیویۆرك بۆ پەیوەندی کردن بە نوێنەرانی دەوڵەتانەوە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەراوێزی کۆبونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە نیاز وابوو لە ماوەی ٢٠ی ئەیلولی ١٩٩٩-١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ ببەسترێ.

شاندەکە لە ١٩ ئەندام پێك هات. لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاڵەبانی و دکتۆر لەتیف جەمال رەشید بەشدار بون. حەڤدە ئەندامەکەی تر ئەمانەن: ئەیاد عەللاوی (بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانی)، شەریف عەلی بن حسێن (بزوتنەوەی پاشایەتیی دەستوری)، نێچیرڤان بارزانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، حاتەم جاسم موخلیس، ریاز یاوەر، محەمەد محەمەد عەلی، ئەحمەد چەلەبی، عەلی عەبدولعەزیز (بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان)، حامد بەیاتی (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق)، عەزیز علەییان (پارتی دیموکراتی عیراق)، حەسەن نەقیب، مزەفەر ئەرسەلان (پارتی نیشتمانیی تورکمان)، مستەفا زیائی (بەرەی تورکمانی)، عیززەت شابەندەر، ئەلبەرت یەلدا (ئاشوری)، هۆشیار زێباری و ساحب حەکیم (رێکخراوی مافی مرۆڤ).

سەردانی شاندی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق بۆ نیویۆرك پەیامێکی گرنگ بوو بۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ ناساندنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق وەك ئەکتەرێکی کارا و بەشدار لە دیاریکردنی ئایندەی عیراق، هەروەك پەیامێکیش بوو سەبارەت بە پشتیوانیی ئەمریکا لە هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بۆ روخاندنی رژێمی سەددام حسێن.

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ دا کۆنگرەی کۆمەڵەی گشتیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق

بە ئامادەبونی ٣١٩ ئەندام لە ئوتێلی شیراتۆن لە نیویۆرك بەسترا.

لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٤٦ ئەندام بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی بەشدار بون لە کۆنگرەکەدا، لە پارتی دیموکراتی کوردستان ٤٠ ئەندام و لە حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی محەمەد حاجی مەحمودو بزوتنەوەی گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی عەبدولخالق زەنگەنە ژمارەیەك ئەندام بەشدار بون، سەرباری ژمارەیەکی دیکەی کورد کە وەك سەربەخۆ بەشدار بون.

کۆنگرەکە زۆر تەگەرەی هاتە بەردەم. ژمارەیەکی زۆری گروپە ئیسلامییەکان و چەپەکان لە سۆنگەی فاکتەری ئایدیۆلۆژییەوە بە گومانەوە دەیانڕوانییە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ روخاندنی رژێمی عیراق و لە بەستنی کۆنگرەی نیویۆرك نیگەران بون چونکە پێیان وابو ئەمریکا خوازیاری دەستەمۆکردنی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقەو دەیەوێ وەك پردێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی بەکاری بهێنێ. بە هۆی ئەمەوە ژمارەیەك گروپ کۆنگرەکەیان بایکۆت کرد لەوانە رێکخراوی کاری ئیسلامی، حزبی دەعوەی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم جەعفەری، کۆڕبەندی دیموکراتی عیراق، بزوتنەوەی چاکسازیی نیشتمانیی عیراق، پارتی کۆمۆنیستی عیراق، پارتی ئیسلامیی عیراق، حزبی بەعسی سەر بە سوریا. هەرچەند سوریاو ئێران پەلپیان بە هەوڵەکانی ئەمریکا گرتبوو کە دەست لە کاروباری ناوخۆی عیراق وەر دەدا، بەڵام فشارێکی زۆریان لەسەر ئۆپۆزیسیۆن بۆ بەشداری نەکردن دروست نەکردو بە هۆی ئەمەوە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی نزیك سوریاو ئێران بەشدار بون لە کۆنگرەکە لەوانە مشعان جبوری سەرۆکی پارتی نیشتمانیی عیراق، نەجیب ساڵحی، حەسەن عەلەوی، سێ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی رێکخراوی کاری ئیسلامی لە کاتێکدا کە خودی گروپەکە لە بەیاننامەیەکدا بایکۆت کردنی کۆنگرەکەی راگەیاند بوو، ژمارەیەك سەرکردەی فەیلەقی بەدر کە بە باڵی عەسکەریی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراق دادەنرا، لە کاتێکدا خودی ئەنجومەنی باڵا بەشداریی لە کۆنگرەکەدا نەکردبوو. ئەمەش نیشانی دەدا کە ئێران و سوریاو خودی گروپەکان نەیانویستووە بە یەکجارەکی لە کۆنگرەکە دابڕێن و مەیدان بە تەواوی بۆ دۆستەکانی ئەمریکا چۆڵ بکەن.

پاش ئەوەی کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد، لە یەك کاتدا دوو کۆبونەوەی جیا ئەنجام درا، یەکێکیان کۆبونەوەیەکی تایبەت بە کۆمەڵەی گشتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق بوو، ئەوی تر کۆبونەوەی هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بوو. لە کۆبونەوەی یەکەمدا ریاز یاوەر راپۆرتێکی بە ناوی سەرکردایەتیی کاتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراقەوە پێشکەش کرد، چالاکییەکانی سەرکردایەتییەکەی لە کۆبونەوەی وندسۆرەوە تا کۆبونەوەی نیویۆرك خستە روو. لە کۆبونەوەکەی تردا ئەجینداى کۆنگرەکەو رەوشی گشتیی مەسەلەی عیراق تاوتوێ کران. پاش نیوەڕۆ، کۆبونەوەی گشتی بە ئامادەبونی هەموو بەشداربووانی هەردوو کۆبونەوەکە ئەنجام درا. لەو کۆبونەوەیەدا سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن تیڕوانینەکانی خۆیان دەربڕی لەوانە تاڵەبانی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شەریف عەلی بن حسێن لە بزوتنەوەی پاشایەتیی دەستوری، عەبدولخالق زەنگەنە لە بزوتنەوەی گەلی کورد، نزار حەیدەر لە رێکخراوی کاری ئیسلامی، عەزیز علەییان لە پارتی دیموکراتی عیراق، نەجیب ساڵحی لە بزوتنەوەی ئەفسەرە ئازادەکان، سامی عەبدولڕەحمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان، جونەید مانگۆ لە بەرەی توکمانی و جەمال وەکیل لە بزوتنەوەی ویفاقی ئیسلامی.

بەشداریی ئەمریکا لە کۆنگرەکەدا کارا و کاریگەر بوو و قورسایی دایە کۆبونەوەکان. لەو دانیشتنەدا دیڤد شیفەر باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە راسپێردرا بوو لە تاوانەکانی جەنگ بکۆڵێتەوە، وتاری دا و چووە سەر باس کردنی تاوانەکانی رژێمی عیراق، بەتایبەتی لە شاڵاوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجەو ئەنجامدانی تاوانی گەورە لە باشوری عیراق و وشککردنەوەی زۆنگاوەکانی باشوری عیراق. هەروەها سیناتۆر بۆب کیری پشتیوانیی ئەمریکای لە هێنانە کایەی عیراقێکی دیموکرات دوبارە کردەوە، بەڵێنی یارمەتیی پێویستی لە قۆناغی راگوزەری پاش روخانی رژێمی عیراق داو رایگەیاند کە ئەمریکا بەرنامەی بۆ شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی قەرزە کەڵەکەبووەکانی عیراق هەیە. هەروەها پەرلەمانتاری بریتانی خاتوو ئان کلۆید پشتیوانیی خۆی بۆ هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ روخاندنی رژێمی عیراق دەربڕی.

کۆنگرە پێنج کۆمیسیۆنی پێکهێنا کە بریتی بون لە کۆمیسیۆنەکانی پەیڕەوی ناوخۆ، گوتاری سیاسی، مافی مرۆڤ، فریاگوزاری و دارایی، بۆ تاوتوێ کردنی فایلەکانی پەیوەست بەم بابەتانە. بەشداربووەکان بەسەر کۆمیسیۆنەکاندا دابەش بون.

کۆنگرە لە گفتوگۆکانیدا بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنێکی ناوەندیی بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لە ٦٥ ئەندام دا کە رێژەی نوێنەرایەتیی گروپەکان تێیدا بە سازان دیاری کرا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٧ ئەندامی لە ئەنجومەنەکە بەر کەوت کە ئەمانەن: دکتۆر فوئاد مەعسوم، دکتۆر لەتیف جەمال رەشید، دکتۆر بەرهەم ساڵح، سەعدی ئەحمەد پیرە، عادل موراد، کافیە سلێمان و جەمیل خدر.

کۆنگرە بڕیاری دا بەردەوام بێ لەسەر سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ و لەم سۆنگەیەوە سەرکردایەتییەك لە ٧ ئەندام هەڵبژێردرا کە یەکێکیان نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دکتۆر لەتیف جەمال رەشید بوو. شەش ئەندامەکەی تر ئەمانەن: دکتۆر ئەیاد عەللاوی لە بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانی، دکتۆر ئەحمەد چەلەبی، ریاز یاوەر، محەمەد محەمەد عەلی، هۆشیار زێباری لە پارتی دیموکراتی کوردستان و شەریف عەلی بن حسێن لە بزوتنەوەی پاشایەتیی دەستوری.

هەر لەم سەروبەندەدا کۆنگرە بە شێوەیەکی فەرمی دەستەی سەرۆکایەتیی سێقۆڵیی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقی هەڵوەشاندەوە کە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنگرەی سەلاحەددین هەڵبژێردرا بوو و ئەندامەکانی لە محەمەد بەحرولعلوم، حەسەن نەقیب و مەسعود بارزانی پێکهاتبوون. هەروەها بڕیار درا ئەنجومەنی راپەڕاندنی هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی سەلاحەددین بە شێوەیەکی فەرمی هەڵوەشێنرێتەوە، بەتایبەتی پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ناوەندی.

سەبارەت بە پشتیوانیی ئەمریکا لە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە رژێمی سەددام حسێن و بۆ رەواندنەوەی هەر گومانێك لەم بارەیەوە، بینجامین گلمان، بەرپرسی کۆمیسیۆنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، لە کۆنگرەکە وتاری داو بەشداربووانی لەوە دڵنیا کردەوە کە کۆنگرێس و سەرۆك بل کلنتۆن پشتیوانیی تەواو لە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دەکەن لە هەوڵەکانیدا بۆ روخاندنی رژێمی سەددام حسێن و کاری پێویست بۆ هێنانە دیی ئەم ئامانجە دەکەن.

کۆنگرە زۆر بە دیار مافەکانی گەلی کوردەوە هەڵوەستەی نەکرد، ئەویش لەو گۆشە نیگایەوە کە ئەم پرسە لە ساڵی ١٩٩٢دا لە کۆنگرەی سەلاحەددین بڕاوەتەوەو پێویست بە گفتوگۆی زیاتر ناکات،

بەڵام کۆنگرە لەم بارەیەوە هەنگاوی پێشکەوتوتری هەڵهێناو مەسەلەکەی لە «ڕێزگرتن»ی مافەکانەوە لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدرالدا، گواستەوە بۆ « سەلماندن» ی مافەکان. ئەوەی کە کورد لە کۆنگرەی سەلاحەددین بە دەستی نەهێنا بوو، لە کۆنگرەی نیویۆرك بەدەستی هێنا. بەیاننامەی کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٢ی سەلاحەددین لەوە واوەتر نەڕۆیی بوو کە «ڕێز» لە «ویستی ئازادانە»ی گەلی کورد دەگرێ کە ڕێوشوێنێکی گونجاوی بۆ بەرجەستەکردنی «شەریکایەتی» لەگەڵ عەرەب هەڵبژاردووەو لەم ڕووەوە وای دانا بوو کە سیستمی فیدرال ڕێوشوێنێکە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد کە پاش روخانی رژێمی عیراق «دەبێ پشتی پێ ببەسترێ».

ئەم هەڵوێستە لە ساڵی ١٩٩٣ دا لە کۆبونەوە راوێژکارییەکەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە لەندەن دوبارە کرایەوەو لە پەرەگرافی چوارەمی بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەکەدا بەم شێوەیە گوزارشتی لێ کرا بوو: «ڕێزگرتن لە رای گەلی کورد کە بەشێکە لە گەلی عیراق، سەبارەت بەو فۆرمەی کە خوازیارە لە سایەیدا لە عیراق بژی». سەرەڕای لایەنە ئەرێنییەکانی شێوازی دەربڕینی ئەم مەسەلەیە لە کۆنگرەی سەلاحەددین و لە کۆبونەوە راوێژکارییەکەی لەندەن، دارشتنەکە دڵنیاییەکی زۆر نابەخشێ و ئەندازەی پابەندبون یەکلاکەرەوە نیە. لەو کاتەدا هەوڵی نوێنەرانی کورد بۆ گۆڕینی «ڕێزگرتن» بە «سەلماندن» سەری نەگرت، بۆیە بەو جۆرە سەیری هەوڵەکە کرا کە هەنگاوێکی بەراییەو پێویستی بە تێکۆشانی زیاترە. لە نیویۆرك مشتومڕ لەم بارەیەوە بە بەرژەوەندیی کورد دوایی هات و مافەکان، بە رونی و بە پابەندبونی تەواوەوە، لەسەر بنەمای فیدرالیزم دانیان پێدا نرا. کۆنگرەی نیویۆرك هەموو تەمومژێکی لەم بارەیەوە رەواندەوەو لە بەیاننامەی کۆتاییدا، لە سەروبەندی باس کردنی مافەکانی کورددا، وشەی «ڕێزگرتن»ی بەکار نەهێنا، بەڵکو وشەی «سەلماندن»ی بەکار هێناو بەم چەشنە گوزارشتی لە بابەتەکە کرد کە کۆنگرە «ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێ و مافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کوردستانی عیراق لەسەر بنەمای فیدرالیزم دەسەلمێنێ».

لە کۆنگرەکەدا پێشنیاری پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی لە تاراوگە کرا، بەڵام پێشنیارەکە دەنگی پێویستی نەهێنا. لە دوایین دانیشتنی کۆنگرەدا لە ١ی تشرینی دووەم، تۆماس پیکرنگ بریکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری سیاسی وتاری دا و بەشداربووانی کۆنگرەی دڵنیا کردەوە کە چارەنوسی رژێمی عیراق یەکلا بۆتەوەو هەر دەڕوخێنرێ و ئەمریکا پشتیوانی لە عیراقییەکان دەکات کە داوای یارمەتییان لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی کردووە.

کۆمێنت و شیکردنەوەکانی بەشداربووەکانی کۆنگرە گەشبینانەو دڵخۆشکەر بون. رۆژنامەی «حەیات» هەندێ لە کۆمێنتەکانی بڵاوکردەوە. شەریف عەلی بن حسێن لە بزوتنەوەی پاشایەتیی دەستوری، زۆر لە هەڵوێستی ئەمریکا رازی بوو و بە «زۆر باش» دەری بڕی و لە لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە باڵیۆزی ئەمریکا سامویل سکرین لە کۆنگرە ئەوەی پشتراست کردۆتەوە کە دەم و دەست پاش روخانی رژێمی سەددام ئابڵوقە لەسەر عیراق هەڵدەگیرێ، قەرزو سزاکانیش کەم دەکرێنەوە.

ئەیاد عەللاوی، سکرتێری گشتیی بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانی، کۆنگرەکەی وەك «خاڵێکی دەستپێکی تازە بۆ بەگەڕکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق» ناساند و دەربارەی مەسەلەی عیراق وتی

«مەسەلەی عیراق چیتر مەسەلەیەکی عیراقی نیە، کاتێك چەند ئەفسەرێك بە گرتنی بارەگای ئێزگەو وەزارەتی بەرگری بڕیاری گۆڕینی رژێمی فەرمانڕەوایان دەدا» بەڵکو مەسەلەی عیراق بۆتە مەسەلەیەکی «نێودەوڵەتی» و لەم گۆشە نیگایەوە وتی «ئێمە پێویستمان بە پشتیوانیی هەموو ئەو دەوڵەتانە هەیە کە ئامانجیان، وەکو ئێمە، روخاندنی رژێمە».

هەروەها دکتۆر فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەربارەی ئایندەی عیراق وتی « هەموان بەبێ جیاوازی لە کۆنگرە بە تەنگ ئەوەوە بون کە گۆڕان لە عیراق بێتە دی، دیموکراسی دابمەزرێ و دەست بۆ هەموو رێوشوێنێك بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجە ببرێ و وتاری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەلامانەوە هەنگاوێکی پێشکەوتووە» و لەم سەروبەندەدا رونی کردەوە کە«پێویستە عیراقی ئایندە رۆڵێکی دیار لە بواری هاوکاری کردن لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەب و دەوڵەتانی ئەفریقیادا، بۆ پتەوکردنی بناغەکانی ئاشتی لە ناوچەکە بە گشتی، بگێڕێت».

هەروەها موەفەق روبێعی وەك ئیسلامییەکی سەربەخۆ باسی کرد کە لە کۆنگرەکەدا «گوتاری سیاسیی یەکگرتووی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق پەرەی پێ دراوە»، بەڵام لە لایەکی ترەوە رەخنەی لەوە گرت کە رێژەی بەشداربونی ئیسلامییەکان لە کۆنگرەکەدا لەگەڵ سەنگ و قورساییان نەگونجاوەو ئەو بەراوردکردنەی کردە پێوەر کە تەنها ٧٠ ئیسلامی بەشداریی لە کۆنگرەی نیویۆرکدا کردووە، لە کاتێکدا ژمارەی ئیسلامییە بەشداربووەکانی کۆنگرەی سەلاحەددین لە ساڵی ١٩٩٢ زۆر لەمە زۆرترە.

گەورەترین کەموکوڕیی کۆنگرەی نیویۆرك ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆری گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بایکۆتیان کردبوو. بۆیە هەر کە کۆنگرەکە کۆتایی هات، تاڵەبانی جموجوڵێکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕییە دەست پێ کرد. بەپێی رێنوێنییەکانی تاڵەبانی، دانا ئەحمەد مەجید لێپرسراوی ئۆفیسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا، پەیوەندیی بە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و سورییەکانەوە کرد بۆ سازکردنی دیدار بۆ تاوتوێ کردنی رێوشوێنەکانی یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆن. خودی تاڵەبانی بەشداریی لە کۆبونەوەکاندا کردو پێشنیاری بەستنی کۆبونەوەیەکی فراوانی لە سلێمانی کرد. ئەم کۆبونەوە سەرەتاییانە رێخۆشکەر بون بۆ تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لە بەرەنجامی کۆتاییدا بە قازانجی هەنگاونان بەرەو بەستنی کۆنگرەیەکی گرنگ لە ساڵی ٢٠٠٢ لە لەندەن شکایەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*وندسۆر (کۆبونەوەی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق).

*لەندەن (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق).

*سەلاحەددین (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق).

## واژە (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان پێشمەرگەکاتی کەرتی یەکی تیپی ٣٧ی شارباژێرو هێزێکی سوپای عیراق لەگوندی واژە لەقەزای چوارتا لە کاتی ئاگربڕی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا.

پێکدادانەکە بەوە دەستی پێ کرد کاتێك لە٢٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤دا هێزەکانی عیراق لە ئۆردوگای زۆرەملێی سورەقەڵات هەڵیان کوتایە سەر ماڵە پێشمەرگەیەك و باوکێك و کوڕو کچێکیان دەستگیر کرد، بە بیانووی ئەوەی کە کوڕێکی ماڵەکە پێشمەرگەیەو چەکێکی سوپای بۆ ناو هێزی پێشمەرگە بردووە.

لە کاتی بردنی دەستگیرکراوەکان بۆ سلێمانی، هێزی پێشمەرگە ڕێگای سورەقەڵات - سلێمانیی گرت و داوای ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانی کرد. لەم نێوانەدا شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی سوپا رویداو ژمارەیەکی زۆر لە سەربازان کوژران لەوانە فەرماندەی هێزەکە. لە هێزی پێشمەرگەش عوسمان عەزیز ئەحمەد ماوەتی فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی ٣٧ی شارباژێڕو قادر رەشید فەرماندەی مەفرەزە، شەهید بون.

دەستگیرکراوەکان ئازاد کران. بەڵام لەم سەروبەندەدا سوپا لە قەڵاچوالان و سورەقەڵاتەوە هێزی ناردو پێکدادانی گەورەتر رویداو دوو پێشمەرگەی تر بە ناوی محێدین عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی گرگاشێ لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و مەحمود عەبدوڵڵا خەڵکی ماوەت لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، شەهید بون.

هەر دوا بەدوای ئەم پێکدادانە، هێزێکی گەورەی سوپا پەلاماری گوندی واژەی دا کە بارەگای کەرتەکەی لێ بوو، شەڕێکی قورس لەوێ رویدا. لەم سەروبەندەدا هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عومەر قادر گوڵەباخ و هێزێکی تری پێشمەرگە بە فەرماندەیی بەکر بەردەزەردی فریای پێشمەرگەکانی کەرتەکە کەوتنو لە بەندەنی واژە پاش شەڕێکی سێ سەعاتی، هێزەکانی سوپایان تێکشکاندو زیانی کوژرانی ئەفسەرێك و دەیان سەربازیان لێدا. لەم پێکدادانەدا هێزی پێشمەرگە دوو شەهیدی بە ناوی لوقمان رەشید رەسول و عوسمان محەمەد عەلی شاناخسەییو ٤ برینداری هەبوو.

## واشنتن (ڕێککەوتننامەی ئاشتی)

ڕێککەوتننامەیەکە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە واشنتن لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨ لە لایەن جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانییەوە واژۆ کراوە. ڕێککەوتننامەکە واژۆی نوێنەری ئەمریکا دیڤید ویلشی وەك شایەتحاڵ لەسەرە. لە ڕێورەسمی واژۆ کردنی ڕێککەوتننامەکەدا ئەندرۆ مۆرسن لێپرسراوی بەشی عیراق و چەند لێپرسراوێکی



تری ئەمریکا و هەر یەك لە دکتۆر بەرهەم ساڵح و هۆشیار زێباری ئامادە بون.

بەپێی ڕێککەوتننامەکە دەبوایە حکومەتێکی راگوزەری کاتی بەلایەنی زۆر لە ماوەی سێ مانگ لەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە پێك بێت کە ئەرکەکەی فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنێکی گشتی کە دەبێ لە ماوەی ٩ مانگدا ئەنجام بدرێ. هەروەها دەبوایە پاش پێکهێنانی حکومەتەکە، داهاتەکانی گومرك بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەت. تا ئەو کاتەش کە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ، ئەرکی حکومەتەکە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك دەبێ، سەرباری پێکهێنانی ئەنجومەنێکی راوێژکاری هەڵبژێردراوی هاوبەش. سەبارەت بەمیکانیزمی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکەش، ڕێککەوتننامەکە وای دانابوو کە دەستەیەکی باڵا لە٣ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی و ٣ ئەندامی مەکتەبی پارتی دیموکرات پێك بێ کە بەرپرس دەبێ لەپێکهێنانی حکومەت و ئەنجومەنە راوێژکارە هەڵبژێردراوەکە.

هەر ئەو ڕۆژە، پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، تاڵەبانیو بارزانی بەیاوەریی مارتن ئیندك، دێڤد وێلش، دکتۆر بەرهەم ساڵح و هۆشیار زێباری چونە دیدەنیی خاتوو مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ئۆفیسی تایبەتی خۆی. لەم دیدارەدا ئۆلبرایت بەڵێنی دا کە ئەمریکا ڕێگا نادا جارێکی دی کورد ئەنفالی بەسەر بێ یان کۆڕەوێکی وەك ئەوەی ساڵی ١٩٩١ ڕوو بداتەوە. هەر لەو دیدارەدا ئۆلبرایت لەبەردەم کەناڵەکانی راگەیاندندا واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکەی ڕاگەیاند.

لە ٢٢ی ئەیلولدا مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتیوانیی خۆی بۆ ڕێککەوتننامەی واشنتن دەربڕی. لە٢٣ی ئەیلولدا لە یەکەم کۆبونەوەی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان کە لە سلێمانی بەڕێوە چوو، ڕێککەوتننامەکە بەرز نرخێنراو لە هەمان ڕۆژدا ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبونەوەی هەفتانەی خۆیدا پشتیوانیی خۆی بۆ ڕێککەوتننامەکە دەربڕی.

لە٢٩ی ئەیلولدا دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی

ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا کە بەشی عەرەبیی رادیۆی تاران سازی کردبوو، رایگەیاند کە رێککەوتننامەکە «دەرفەتێکی تازەو لەبارە بۆ تێپەڕاندنی دۆخی شەڕو پێکدادان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان».

لە ماوەی نێوان ١٦ ـ ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٩٩ دا شاندەکانی هەردوولا لە واشنتن بە چاودێریی لایەنی ئەمریکی گفتوگۆکانیان دەست پێ کرد بە مەبەستی دانانی رێوشوێنی گونجاو بۆ جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەکە. نوێنەرانی هەردوو حکومەتی بریتانیاو تورکیا بەشدارییان لە کۆبونەوەکانی دەستپێك و کۆتایی گفتوگۆکاندا کرد.

ئەجندای گفتوگۆکان تایبەت بون بە تاوتوێ کردنی بابەتەکانی کۆتایی هێنان بە ڕاگەیاندنی نەگەتیڤ، پەکەکە، کردنەوەی بارەگای هەردولا لە ناوچەی دەسەڵاتی لایەنەکەی تر، گەڕانەوەی ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ، دابەشکردنی داهات، پێکهێنانی ئەنجومەنی راگوزەری کاتیو ئیدارەی هاوبەش و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ. بەپێی بەیاننامەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی، کێشە سەرەکییەکان لەو کۆبونەوانە چارەسەر نەکران و بە هۆی ئەمەوە هیچ بەیاننامەیەکی کۆتایی هاوبەش رانەگەیەنرا.

رێککەوتننامەکە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ هێنا بەڵام گفتۆگۆکان لە ماوەی نێوان ١٩٩٨ ـ ٢٠٠٣ نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان و لەو ماوەیەدا خاڵە سەرەکییەکانی وەك دابەش کردنی داهات و پێکهێنانی حکومەتێکی راگوزەری کاتیو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ و هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ جێبەجێ نەکران.

## پاشکۆ

## دەقی رێککەوتننامەی واشنتن

ئێمە، لەجیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سوپاسی خاتوو ئۆلبرایتی وەزیر و حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەین کە ئەنجامدانی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی دۆستانە و بنیاتنەریان لە چەند رۆژی رابردوودا، لێرە لە واشنتۆن، ئاسانکرد. ستایشی هەوڵەکانیان دەکەین لە یارمەتیدانمان بۆ ئەوەی سەرلەنوێ کۆمان بکەنەوە و بۆ یارمەتیدانمان لە دروستکردنی چوارچێوەیەك بۆ هاریکاریی نێوانمان لە ئایندەدا. کۆبوونەوەکان هەنگاوێکی سەرەکی بوون بۆ پێشەوە بەرەو ئاشتبوونەوەیەکی گشتیو هەمیشەیی کە هیوای نوێ بە کورد، تورکمان، ئاشووریو کلدانەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق دەبەخشێت.

هەروەها هەردوو حزب پێشوازی دەکەن لە پابەندبوونی بەردەوامی حکومەتەکانی تورکیا و بەریتانیا بە پرۆسەی ئاشتیو ئاشتبوونەوە. ئێمە دەخوازین دان بنێین بە رۆڵی ڕاوێژکردنەکانماندا، کە بە جیا لەگەڵ لەندەن و ئەنقەرە کردمان، لە سەرکەوتنی ئەو وتووێژانە کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیشیان نەبوو.

لە واشنتۆن ئێمە شێوازەکانی پەرەپێدانی ئیدارەی ئیقلیمیی هەر سێ پارێزگاکەی باکوور و چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییە درێژخایەنەکانمان، لە چوارچێوەی رێککەوتنەکانی ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٦ی ئەنقەرە، تاوتوێ کرد، ئێمە گەیشتینە چەند بوارێکی گرنگ بۆ رێککەوتن سەبارەت بە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنانە.

ئێمە یەکێتیو یەکگرتوویی خاکی عیراق تەئکید دەکەینەوە. هەر سێ پارێزگای باکوور: دهۆك،

هەولێر و سلێمانی بەشێکن لە دەوڵەتی عیراق. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەردووکیان بە شێوەیەك کە هیچ گومانی تێدا نییە ئەو سنورە نێودەوڵەتییەی عیراق قبوڵ دەکەن کە دانی پێدا نراوە، هەردوو حزب پابەندن بە قەدەغەکردنی پێشێلکردنی ئەو سنورانە لە لایەن تیرۆریستەکانەوە یان ئەوانی تر. هەردوو حزب بەوپەڕی توانایانەوە هەوڵ دەدەن بۆ دروستکردنی عیراقێکی یەکگرتووی فرە حزبیی دیموکرات کە مافە سیاسی و ئینسانییەکانی گەلی کورد لە عیراق و بۆ هەموو عیراقییەك مسۆگەر بکات لەسەر بنچینەیەکی سیاسی کە لە لایەن هەموو رۆڵەکانی عیراقەوە بڕیار دەدرێت. هەردوو حزب بە پەرۆشەوە لەوە دەڕوانن عیراق لەسەر بنچینەیەکی فیدراڵی بنیات بنرێتەوە کە یەکێتیی گەل و یەکگرتوویی خاکی دەپارێزێت. ئێمە تێدەگەین ئەمریکا رێز لەو جۆرە ئاواتانەی هەموو گەلی عیراق دەگرێت. هەردوو حزب ئیدانەی شەڕی ناوخۆ دەکەن و بەڵێن دەدەن خۆ بپارێزن لە پەنا بردنە بەر توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و داواکردنی دەستێوەردانی دەرەکی لە دژی یەکتری. ئێمە بەوپەڕی تواناوە هەوڵ دەدەین ئەوانە بدەین بەدادگا کە ئاشتی پێشێل دەکەن جا سەر بە هەر چ گروپێکی سیاسی بن و فاکتەرە سیاسییەکانیان هەر چییەك بێت.

هەردوو حزب کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە عیراق پابەند بێت بەهەموو بڕیارە پەیوەندیدارەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەو بڕگانەی تایبەتن بە مافی مرۆڤەوە کە لە بڕیاری ٦٨٨دا هاتوون.

بۆ یارمەتیدانی مسۆگەرکردنی کەش و هەوایەکی ئارام بۆ ئاشتبوونەوە، ئێمە بۆ ڕێزگرتن لە پرۆسەی ئاگربەست و ئاسانکردنی هاتوچۆی ئازادی هاووڵاتییان خۆ لە لێدوانی نێگەتیڤانەی راگەیاندن ریۆشوێنەکانمان دەپارێزین.

## قۆناغی گواستنەوە

ئێمە رێککەوتوین لەسەر بەهێزکردنی لیژنەی باڵای هەماهەنگی بۆ مسۆگەرکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی گەلی هەرێمی کوردستانی عیراق و مافە سیاسیو ئینسانییەکانی. بڕیارەکانی لیژنەی باڵای هەماهەنگی بە تێکڕای دەنگی ئەندامەکانی دەبێت.

لیژنەی باڵای هەماهەنگی کەش و هەوای ئاشتبوونەوەی هەردوو حزب دەڕەخسێنێت، ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی هەولێر، دهۆك و سلێمانی، پێکهێنانەوەی ئیدارەیەکی یەکگرتوو و ئەنجومەنێکی یەکگرتوو لەسەر بنچینەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢. هەروەها هەموو داهاتەکانیش دەگێڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی ئیقلیمی و هەڵبژاردنی نوێی ئیقلیمی رێك دەخات.

لیژنەی باڵای هەماهەنگی هاریکاریی نێوان ئەو وەزارەتانە بەهێزتر دەکات کە خزمەتگوزاریی گشتیی ناوخۆیی پێشکەش دەکەن و خزمەتی دابینکردنی پێداویستییەکانی گەل دەکەن لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عیراقدا. هەردوو حزب ئەوە مسۆگەر دەکەن کە ئەو وەزارەتانە داهاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان وەردەگرن. پارتی دیموکراتی کوردستان دان بەوەدا دەنێت کە جیاوازیی داهاتەکان وا دەخوازێت کە بە رێکوپێکی بڕی پارەی پێویست بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان لە ناوچەی ئێستای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بگەیەنرێتە ناوچەی ئێستای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لیژنەی باڵای هەماهەنگی دەست دەکات بە پرۆسەیەك بۆ یارمەتیدانی گێڕانەوەی هەموو

ئەوانەی لەهەر سێ پارێزگاکەی باکوور ناچار بوون لە ئەنجامی ململانێی پێشووی نێوان دوو حزبەکەماڵەکانیان جێ بهێڵن و ماڵو موڵکیان دەست بکەوێتەوە یان قەرەبوی زیانەکانیان بۆ بکرێتەوە.

لیژنەی باڵای هەماهەنگی ئەوە مسۆگەر دەکات کە هەردوو حزب هاوکاری یەکتری دەبن بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی سنورەکانی تورکیا و ئێران، هەر هەمان لیژنە ڕێوشوێنی گونجاوی پاراستن دیاری دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی خەڵك بەو سنوورەدا و ڕێ لە جموجوڵی تیرۆریستەکان دەگرێ. هەردوو حزب بە هاوکاریی لیژنەی باڵای هەماهەنگی هیچ پەناگەیەك نادەن بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عیراق. نەبونی هیچ بنکەیەکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکەدا مسۆگەر دەکەن. ڕێگە دەگرن لەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان ئاشتی تێك بدات و تەگەرەی بخاتە بەر یان سنووری تورکیا پێشێل بکات.

لیژنەی باڵای هەماهەنگی بەوپەڕی توانایەوە هەوڵ دەدات لە سێ مانگی داهاتوودا حکومەتێکی ئیقلیمیی هاوبەشی کاتی پێك بهێنێت تا پەرلەمانی هەرێم پەسەندی بکات.

**ئیدارەی یەکگرتوو**

لە ماوەی سێ مانگ لە پێکهێنانەوەی پەرلەمان، لە تەلارەکەی لە هەولێر کۆدەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کۆبوونەوەکانی دواتری لەوێ یان لە سلێمانی یان لە دهۆك دەبێت. ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە کاتییە ئەو کەسانە دەبن کە لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ پەرلەمان هەڵبژێردراون.

یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە لە ماوەی سێ مانگدا دەبێت. دوای ئەوەی ئەنجوومەنەکە پێك دەهێنرێ، دەبێت دان بە هەموو ئەو بڕیارانەدا بنێ کە لیژنەی باڵای هەماهەنگی یان حکومەتی کاتیی هەرێم دەریکردوون.

لەوانەیە ئەنجوومەنە کاتییەکە ئەرکی زیاتر بخاتە ئەستۆی لیژنەی باڵای تەنسیق لەپاڵ ئەو ئەرکانەی رایاندەپەرێنێت بەیەکخستنی پەیوەندییەکانیشەوە لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا.

بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتیی هەڵبژاردنی ئیقلیمیو یارمەتیدانی ئاسایی کردنەوەی وەزعی هەولێر، دهۆك و سلێمانی لیژنەی باڵای تەنسیق و ئەنجوومەن دەتوانن هێزێکی ئاسایشی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکمان و ئاشووری پێك بهێنێت. حکومەتی نوێی هەرێم دەتوانێت ڕێوشوێنی زیاتر بگرێتە بەر بۆ ڕێکخستنی ستراکچەری فەرماندەیی پێشمەرگە (میلیشیا).

پاش هەڵبژاردنە ئیقلیمییەکە کە لە خوارەوە شی کراوەتەوە پەرلەمانێکی نوێ جێی پەرلەمانە کاتییەکە دەگرێتەوە. ئەم پەرلەمانی هەرێمە لەسەر بنچینەی ڕێژەی دەنگی هەر حزبێك لە ئەنجومەنەکەدا حکومەتی نوێی هەرێم پێکدەهێنێت.

پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، لیژنەی باڵای هەماهەنگی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵدەوەشێتەوە. ماوەی پەرلەمانی هەرێم و حکومەتی هەرێم سێ ساڵ دەبێت.

**هاوبەشی لە داهاتدا**

تا ئەو کاتەی حکومەتی کاتیی هەرێم پێك دەهێنرێت، بڕی پارەی پێویست بۆ ئەو وەزارەتانەی خزمەتگوزاریی گشتی پێشکەش دەکەن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە ناوچەی ئێستای پارتی دیموکرات کوردستانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ناوچەی ئێستای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەبەر جیاوازیی داهاتی هەر ناوچەیەك، لیژنەی باڵای هەماهەنگی بە راوێژکردن لەگەڵ وەزارەتەکانی ئێستای باج و

دارایی بەرپرسیار دەبێت لە تەرخانکردنی داهاتەکان لە سەرتاپای هەرێمەکەدا .

کاتێك حکومەتی هاوبەشی کاتی پێکهێنرا، دەبێتە بەرپرسیار لەکۆکردنەوە و دابەشکردنی هەموو داهاتەکان.

پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی هەرێم ، وەزارەتی داهات و باج بەرپرسیارێتیی تەواو و گشتگیری دەبێت بۆ کۆ کردنەوەی هەموو داهاتەکان بە باج و گومرگیشەوە. ئەو بڕە پارەیەی کۆدەکرێتەوە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا دەبێت تا بەو پێیەی لە لایەن پەرلەمانی هەرێمەوە دەسەڵاتی پێ دەدرێ، بەکاری بهێنێت.

**بارودۆخی هەولێر، دهۆك و سلێمانی**

ئەنجوومەنە کاتییەکە و لیژنەی بالای هەماهەنگی مەسەلەی ئاسایی کردنەوەی هەولێر، دهۆك و سلێمانیو شارەکانی دیکە چارەسەر دەکەن. لیژنەی بالای هەماهەنگی ئەگەر بەگونجاوی زانی دەتوانێت داوای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بکات سەبارەت بەم کێشەیە بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندیی کێشەکە دایە. دەبێت وەزعی ئەم شارانە تا ئاستێکی ئەوتۆ ئاسایی بکرێتەوە کە بتوانرێت هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە ئەنجام بدرێت.

**هەڵبژاردن**

ئەنجومەنە کاتییەکە و لیژنەی بالای هەماهەنگی بەرپرسیار دەبن لە رێکخستنی هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە بۆ پێکهێنانی پەرلەمانی نوێی هەرێم تا لە ماوەی شەش مانگدا لە پێکهێنانی ئەنجوومەنە کاتییەکە دەسەلات وەربگرێت.

پێکهاتەی پەرلەمانی نوێی هەرێم لەسەر بنچینەی باشترین ئاماری بەردەست دەبێت سەبارەت بە دانیشتووانی هەر سێ پارێزگاکەی باکوور و دابەشبوونی گروپە ئیتینکی و دینییەکان. کورسی بۆ کۆمەڵگەی کورد، تورکمان، ئاشووریو کلدانی جیا دەکرێتەوە.

ئەگەر کرا ئەنجوومەنە کاتییەکە و لیژنەی بالای هەماهەنگی بە هاریکاری لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا سەرژمێرێکی ناوچەکە دەکەن بۆ ئەوەی تۆمارێك بۆ دەنگدان پێك بهێنن و ساغ بکەنەوە. ئەگەر لە کاتی گونجاودا یارمەتیی نێودەوڵەتی لە ئارادا نەبوو، ئەنجوومەنە کاتییەکە و لیژنەی بالای هەماهەنگی بۆ خۆیان پێکەوە سەرژمێرێك دەکەن یان پشت بەو داتایەی ئێستا لەبەردەستدایە دەبەستن یان پشت بە باشترین خەمڵاندن بە راوێژ لەگەڵ پسپۆرانی دەرەوە دەبەستن.

هەروەها ئەنجوومەنە کاتییەکە و لیژنەی بالای هەماهەنگی چاودێرانی نێودەوڵەتی بانگهێشت دەکەن بۆ ئەوەی هەم سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکە بکەن و هەم چاودێرانی ناوخۆیی رابهێنن.

**بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عیراق**

بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بایەخی داوە بە مەسەلەی سەرکوتکردنی توندی گەلی عیراق، بەتایبەتی گەلی کورد لە عیراق، لە ساڵی ١٩٩١ەوە ساڵی دەرچوونی بڕیارەکە ئەگەرەکانی سەرکوتکردنی کەم نەبۆتەوە. شایەنی ئاماژە بۆ کردنە کە ساڵی رابردوو بڕیاردەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر عیراق راپۆرتێکی پێشکەش کردووە و تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بەڵگەی بەهێز هەیە لەسەر سەدان حاڵەتی لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ لە زیندانەکانی عیراق و بەردەوامبونی رژێمی عیراق لەسەر سیاسەتی دەرکردنی کورد و تورکمان لە کەرکوك و شارەکانی تر. ئەم سیاسەتە دەگاتە ئاستی پاکتاوکردنی ئیتنیکیی کورد و تورکمانەکانی عیراق لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی زەویو زارو سامانیان لە لایەن

حکومەتی عیراقەوە بۆ ئەوەی بەسەر ئەوانەدا دابەش بکرێن کە بە رەچەڵەك عەرەبن. زۆر لە نیشتەجێکراوە نوێیەکان بە هۆی هەڕەشەی حکومەتەوە بەشداری لەم پلانەدا دەکەن.

لەبەر رۆشنایی ئەم هەڕەشە بەردەوامەدا، ئێمە قەرزاربارى کۆمەڵی نێودەوڵەتین بۆ کۆمەك کردنمان لە بەرامبەر پێداویستییە مرۆییەکانمان و رێگە نەدان بە دووبارەبوونەوەی رووداوە تراژیدییەکانی ساڵی ١٩٩١ و شاڵاوە ترسناکەکانی ساڵانی ١٩٨٧و ١٩٨٨.

پرۆگرامی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان — نەوت بەرامبەر خۆراك — بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق باری گرانی هەلومەرجی مرۆیی گەلەکەی سووك کردووە. ئێمە پێشوازی لە پشتیوانیی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ بەردەوامبوونی ئەم پرۆگرامە دەکەین، لەگەڵ دیاریکردنی بەشی تایبەتی هەرێمی کوردستانی عیراق و هیواداریـن لە ئایندەی نزیکدا بتوانرێت نوسینگەیەکی تایبەت بۆ هەرێمەکە لە بارەگای ECOSOC بکرێتەوە بۆ ئەوەی باشتر گەیاندنی کۆمەکەکە رێک بخرێت. هەروەها ئێمە هیواداریـن ئەگەر لە حاڵەتێکدا داهاتی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر خۆراك بە هۆی ئەو رێوشوێنانەی حکومەتی عیراق دەیانگرێتە بەر راگیرا، ئەوا نەتەوە یەکگرتووەکان پێداویستییە ئابورییە بەردەوامەکانی کوردستانی عیراق دابین بکات و مەینەتیی گەلی ئەو هەرێمە چارەسەر بکات.

ویلایەتە یەکگرتووەکان، کۆماری تورکیا و شانشینی یەکگرتوو لە رێی پرۆسەی چاودێریی باکوورەوە یارمەتیی پاراستنی ناوچەکەیان داوە. ئێمە داوا لەوان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەکەین بەردەوام بن لە وریایی بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عیراق.

ئەو ژمارە زۆرەی رێکخراوە ناحکومییەکان کە لە سێ پارێزگاکەی باکوور ئیشدەکەن گۆشەگیریی ئێمەیان کەم کردۆتەوە و زۆر بەباشی یارمەتییان داوین.

**کۆبوونەوەکانی ئایندەی نێوان هەردوو سەرکردە**

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە لایەنی کەمەوە هەر دوو مانگ جارێك کۆ دەبنەوە لە ناو یاخود لە دەرەوەی کوردستانی عیراق لەو شوێنانەی هەردوولا لەسەری رێکدەکەون.

لە چاوەڕوانیی قایلبوونی حکومەتەکاندا ئێمە هیواداریـن کە یەکەمینی ئەو کۆبوونەوانە لە ئەنقەرە و بەدوایدا کۆبوونەوەیەك لە لەندەن بکرێت.

لە کۆبوونەوەی ئەنقەرە وتووێژ دەکرێ سەبارەت بەسووربونی هاوبەشمان لەسەر نەهێشتنی تیرۆر لەڕێگای چاودێریکردنێکی تۆکمەتری سنوورەکانی عیراق. لەوانەیە کۆبوونەوەکەی لەندەن وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە دۆخی هەولێر، دهۆك و سلێمانی ئاشکرا بکات و یارمەتیمان بدات بۆ جێگیرکردنی میکانیزمێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە.

**خشتەی مەوعیدەکان**

*** لە یان پێش**

١ی تشرینی یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان مانگانە دەست دەکات بە پێشکەشکردنی یارمەتیی دارایی گونجاو بۆ ئەو وەزارەتانەی کە خزمەتگوزاریی گشتی لە ناوچەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشکەش دەکەن.

١٥ی تشرینی یەکەم: دەستپێکردن بەگێڕانەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی ناکۆکیی رابردووەوە دەرکراون· موافەقەت کردن لەسەر گێڕانەوەی موڵك و ماڵ یان قەرەبوکردنەوە لە لایەن ئەو حزبانەی بەرپرسیارن.

لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمەوە: راوێژ

لەگەڵ حکومەتی تورکیادا.

١ی تشرینی دووەم: تەواوکردنی هەماهەنگی و هاریکاری لە نێوان وەزارەتەکانی کاروباری مرۆڤایەتی. داهاتە تەرخانکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ وەزارەتەکان و ئەو برە پارانەی لە ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەگەیەندرێنە ناوچەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

١٥ی تشرینی دووەم: راپۆرتێك لەسەر ئاستی پێشکەوتن سەبارەت بەگێڕانەوەی ئاوارەکان، یەکخستنی وەزارەتەکان و دابەشکردنی داهاتەکان.

ئیمزا کراوە لە لایەن:

| | |
|---|---|
| جەلال تاڵەبانی | مەسعود بارزانی |
| یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | پارتی دیموکراتی کوردستان |

شایەت

دەیڤید وێڵش

جێگری سەرەکیی یاریدەدەری

وەزیری دەرەوە — نوسینگەی کاروباری خۆرهەڵاتی نزیك

واشنتۆن دی سی / ١٧ی ئەیلولی ١٩٨٨

سەرچاوە: گۆڤاری «رێبازی نوێ»، ژمارە ١٣ کانونی یەکەمی ١٩٨٨، ل ١٢٤ — ١٣٢

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : ئازاد سدیق محەمەد

## وتاری نەورۆز

وتاری تاڵەبانی لە گردبونەوە جەماوەرییە فراوانەکەی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤ی سورداش. لە کانونی یەکەمی ١٩٨٣ دا رێککەوتنێك بۆ راگرتنی شەڕ لە نێوان حکومەتی عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان واژۆ کرابوو و لێرە بە دواوە پرۆسەی وتوویژ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ مەسەلەی کورد دەستی پێ کرد. تاڵەبانی بارەگای خۆی و مەکتەبی سیاسیی بردبوە سورداش. تا نەورۆزی ١٩٨٤، لە نێوان هەردولادا سێ خولی وتوویژ بەڕێوە چوو بوو. پێش نەورۆز بڕیار درا گردبونەوەیەکی جەماوەریی فراوان بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە سورداش ساز بکرێ. ئامانجی گردبونەوەکە، دەرخستنی هێزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە شەقامدا. پەیامی گردبونەوەکە هەم ئاراستەی حکومەتی عیراق کرابوو، هەم ئاراستەی لایەنەکانی بەرەی جود. پەیامەکە دەیویست ئەوە بۆ حکومەتی عیراق رون بکاتەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەماوەرێکی فراوان و پێگەیەکی بە هێزی لە شەقامدا هەیە، هەروەك دەیویست ئەوە بۆ لایەنەکانی بەرەی جود دەر بخات کە وتوویژ لەگەڵ حکومەتی عیراق، پشتیوانیی شەقامی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانەماڵیوە.

لە ١٩ی ئازاردا تاڵەبانی لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ سورداش بۆ ئەوەی بەشداری لەو گردبونەوە جەماوەرییە گەورەیەدا بکات کە نیاز وابوو بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە سورداش رێك بخرێت.

رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئامادەکارییەکی باشیان بۆ گردبونەوەکە کرد بوو. رۆژی نەورۆز سەدان هەزار کەس لە سەرانسەری کوردستانەوە هاتن بۆ دەشتەکەی سورداش و ئاپۆرەیەکی وایان دروست کرد کە تا ئەو کاتە کوردستان ئاپۆرەی وا گەورەی لە نەورۆزدا بەخۆیەوە نەدی بوو. کاربەدەستانی حکومەت لە سلێمانی، سەیرانگای قەشقۆڵیی دوکانیان بۆ گردبونەوەی جەماوەر بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە تەرخان کردبوو و خەڵکیان هان دەدا لەوێ ئاهەنگ بگێڕن. بەڵام ئەو ئاپۆرەیەی کە لەو رۆژەدا لە قەشقۆڵی هاتە ئاراوە، نەدەگەیشتە دەیەکی گردبونەوە فراوانە جەماوەرییەکەی سورداش

که ئەمەش وای کرد گردبونەوەکەی سورداش زۆر بەچاکی پەیامەکەی خۆی بگەیەنێ بە بەغدا.

لە گردبونەوە جەماوەرییە فراوانەکەی سورداش، تاڵەبانی وتارێکی دورو درێژی خوێندەوە کە نزیکەی سەعاتێك و ۲۰ خولەکی خایاند، باسی پرۆسەی وتووێژو داخوازییەکانی کوردی تێدا کردو جەختی کردە سەر دەرفەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی هێمنانە.

وتارەکە لە چوار تەوەر پێك هاتووە. لە تەوەری یەکەمدا زۆرتر جەخت کراوەتە سەر رۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خەباتی نیشتمانیداو لەم چوارچێوەیەدا بە چاوی رێزو نەوازشێکی زۆرەوە تەماشای رۆڵی پڕ شکۆمەندیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کراوە. وتارەکە لە زۆر شوێندا بە شێوەیەکی سیستماتیك پرنسیپەکانی ئاشتی و دیموکراسی و رزگاریی بە یەکترییەوە بەستۆتەوەو پەیوەندییەکی ئۆرگانێکیی لە پچڕان نەهاتوی لە نێوانیاندا دروست کردووە. لە وتارەکەدا تاڵەبانی ئەوەی بە بیری خەڵکیدا هێنایەوە کە خەباتی چەکدار لە کوردستان بە هەوڵ و کۆششی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی پێ کردۆتەوەو لەم سەربەندەدا دوو جار ناوی «ئاشبەتاڵ»ی هێنا وەك ئاماژەیەك بۆ هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷۵دا. وتارەکە سەرنجی بەلای ئەوەدا راکێشا کە پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷۵ «دۆست و دوژمن پێیان وابوو ئیتر کوردستانی عیراقیش بە دەردی کوردستانی تورکیا براوەو هەتا دەیان ساڵی تر هەڵسانەوەی بۆ نیە»، بەڵام یەکێتی لە هەلومەرجێکی فرە دژواردا خەباتی چەکداری دەست پێ کردەوە، شۆڕشی بوژاندەوەو گەیاندییە ئەو رۆژەی کە «دۆست و دوژمن دانی پێدا دەنێن و رێزی لێ دەگرن» و لەم سەروبەندەدا هێزی پێشمەرگەی وەك «گەورەترین هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کوردستان کە لە شکاندن نایەت» ناو برد.

لە تەوەری دووەمدا بەشێکی گرنگی وتارەکە بۆ مەسەلەی وتووێژ لەگەڵ بەغدا تەرخان کراوە. لە باس کردنی ئەم مەسەلەیەدا، تاڵەبانی دوو دەستەواژە بەکار دێنێ کە بریتین لە «گفتوگۆ» وەك ئاماژەیەك بۆ وتووێژو «میری» وەك ئاماژەیەك بۆ حکومەتی عیراق و لەبارەی وتووێژەوە وای دەبینێ کە وتووێژ شێوەیەکی خەباتە «بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵك» و لەم رووەوە ئەوەی سەلماند کە کۆمەڵانی خەڵکی «هەقیانە داوای پتر روون کردنەوەی مەسەلەی گفتوگۆی لێ بکەن».

لە وتارەکەدا تاڵەبانی نیشانیدا کە ئەو پشتگیریی سیاسەتی ئێران ناکاو نایەوێ رژێمێکی هاوشێوەی ئێران لە عیراق بێتە سەر کارو بە راشکاوی ئەوەی دەربڕی کە نایەوێ رژێمی عیراق لەسەر دەستی ئێران بڕوخێ. هەروەها وتی بەردەوامبونی شەڕ لەو کاتەدا بە قازانجی « ئەو هێزە کۆنەپەرستە دەستڕەشە» دەشکێتەوەو لەم سۆنگەیەوە وتووێژی لەگەڵ بەغدا لە شەڕکردن پێ باشتر بوو.

تاڵەبانی لە وتارەکەدا ئاماژەی بە ئەگەری «بە ئاشتی وەرگرتنی مافەکان یان هەندێ لە مافەکان» کرد و رونی کردەوە کە وتووێژ «چ زیانێکی بۆ شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نیە».

لە وتارەکەدا تاڵەبانی داوای «ئۆتۆنۆمیی راستەقینە» ی کردووەو نیشانیشی داوە کە بەغدا ئامادەیی بۆ «پەرەپێدانی» ئۆتۆنۆمی و نەهێشتنی رەوشی نائاسایی کوردستان دەربڕیوەو خەڵکی لەوە ئاگادار کردەوە کە ئێران و تورکیا دژی وتووێژەکەن و نایانەوێ بە ئاکام بگات.

تاڵەبانی رونی کردەوە کە شاندی دانوستانکار لەگەڵ بەغدا داوای فراوان کردنی جوگرافیای



ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کردووە بە چەشنێك کە ئۆتۆنۆمی قەڵەمڕەوێکی بەربڵاو «لە شنگالەوە تا خانەقین و مەندەلی» بگرێتەوە، هەروەك داوای ڕاگرتنی سیاسەتی ڕاگواستن و جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی کردووە.

تەوەری سێیەمی وتارەکە بۆ تاوتوێ کردنی کاروباری ئاشتبونەوەی گشتی تەرخان کرابوو و لەم ڕووەوە تاڵەبانی جەختی کردە سەر بایەخی ئەم مەسەلەیە، لە یەکەمین ئاماژەدا نەورۆزی بە ئاشتبونەوەی گشتییەوە بەستەوەو وتی« دەبێ نەورۆزی ئەمساڵمان بکەینە نەورۆزی ئاشتبونەوەی گشتی» و ساغی کردەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاشتبونەوەی گشتیی کردۆتە «دروشمی سەرەکیی خۆی» چونکە ئەم ئاشتبونەوەیە «دەبێتە هۆی بەدی هێنانی یەکێتییەکی تەواوی ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵك»


وەك لە ناوەڕۆکی وتارەکەدا دەردەکەوێ، تاڵەبانی زۆر بە تەنگ هێنانە دیی ئاشتبونەوەی گشتییەوە بووە، بە جۆرێك کە پێنج جار دەستەواژەی «ئاشتبونەوەی گشتی» ی بەکار هێناوە. تاڵەبانی رای وابوو کە قۆناغەکە زۆر پێویستی بە ئاشتبونەوەی گشتییە چونکە ئێران لەو کاتەدا مەترسییەکی گەورەی لەسەر عیراق بە کوردستانیشەوە پێك هێنا بوو، بۆیە رای وابوو کە قۆناغەکە لە ناوەڕۆکدا پێویستی بە دوو ئاشتبونەوە هەیە، ئاشتبونەوەیەك لەگەڵ بەغدا «بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی رەوای کورد» و ئاشتبونەوەیەکی تر لەگەڵ «هێزە سیاسییەکانی کوردستان» بۆ ئەوەی «خوێنی گەشی کورد بە دەست کوردەوە نەڕژێ» و هەروەها بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کورد بە شێوەیەکی هێمنانە «ناکۆکی و گیروگرفتەکانی خۆیان لابەلا بکەن». هەرچەند تاڵەبانی لە بانگەوازی ئاشتبونەوەدا ناوی هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردی نەهێناوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو مەبەستی لایەنەکانی بەرەی جود بووە، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی کۆمۆنیستی عیراق، حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك).

تاڵەبانی لە وتارەکەدا ئاماژەی بەوە دابوو کە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنەکانی بەرەی جوددا نامەو راسپاردە هەیە. پاش وتارەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە کردەوە سەلماندی کە بە ڕاست

دەیەوێ لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جود ئاشت بێتەوە. لە نیسانی ١٩٨٤ دا فەرەیدون دارتاش و محەمەد حەمە باقی بە نوێنەرایەتیی یەکێتی چون بۆ برادۆست، بۆ لای پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پەیامی یەکێتییان بۆ ئاشتبونەوە پێ گەیاند. هەروەها مەکتەبی سیاسی نامەیەکی بۆ بارەگای سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندی راژانی ناوچەی مەرگەوەڕ ئێران نارد. بەڵام ئەمە یەکەم هەوڵی ئاشتبونەوە نەبوو. مێژوی هەوڵەکانی ئاشتبونەوە لەگەڵ جود بۆ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣، پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاگربڕ لەگەڵ بەغدا، دەگەڕێتەوە، کاتێك ئەندامانی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و یەکێتیی نوسەرانی کوردستان ئارەزوی بینینی رۆڵی ناوبژیوانی نێوان یەکێتی و بەرەی جودیان نیشاندا و لەم رووەوە مەکتەبی سیاسی پشتگیریی پێشنیارەکەی کرد، رایسپاردن پەیوەندی بە لایەنەکانی جودەوە بکەن و پەیامەکانی بگەیەنن. لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٤دا ژمارەیەک رۆشنبیری سەربەخۆ، هەر یەک لەفەرەیدون دارتاش، محەمەد موکری و محەمەد حەمە باقی پەیامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییان گەیاندە بارەگای گوندی کەرەژاڵی چیای سورێنی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەسەر سنوری عیراق- ئێران بەڵام پارتی کۆمۆنیست بە دەم هەوڵەکەوە نەچوو و لە ئەنجامدا دەستپێشخەرییەکە شکستی هێنا.

لە کۆتایی وتارەکەدا، تاڵەبانی گەڕایەوە سەر پێشنیاری ئاشتبونەوەی گشتی و داوای کرد نەورۆز بکرێتە« نەورۆزی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانە بۆ ئاشتبونەوەی گشتیی نێوان هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستان» و ئومێدی خواست ئاشتبونەوەکە کوردستان بگەیەنێ بە «ئاشتی و دیموکراسیو ئۆتۆنۆمیی راستەقینە».

وتارەکە تەوەرێکی تری بە خۆیەوە دیوە کە


ووتاری
بەڕێز سکرتێری گشتیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
لە سەیرانی نەورۆزی
١٩٨٤دا

بابەتەکەی بەسەر تەوەرەکانی پێشودا دابەش کراوەو وەك بابەتێکی سەربەخۆ خۆی نانوێنێ، بەڵام خۆ نەنواندنی وەك بابەتێکی سەربەخۆ بایەخ و گرنگییەکەی کەم ناکاتەوە. تەوەرەکە تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێکی گرنگی پەیوەندیی نێوان دوو پارچەکەی کوردستان لە عیراق و ئێران و لەم دەستپێکەوە دەچێتە سەر باس کردنی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە وتارەکە ناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناهێنێ.

تاڵەبانی لە رەوتی بەسەرکردنەوەی سەروەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، بە شانازییەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هێزی پێشمەرگە لە کاتی پێویستدا «چەندین جار» ئەرکی نەتەوەیی خۆی پەیوەست بە فریاکەوتنی شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران بەجێ هێناوە و لەم ئۆپەراسیۆنانەدا «چەندین شەهیدی

قارەمانی... پێشکەش بە گەل و نیشتمان کردووە».
لێرە ئاماژەکە بۆ بەشداری کردنی هێزی پێشمەرگەیە لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی سوپای پاسدارانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ بۆ سەر شارەکانی کوردستانی ئێران. تاڵەبانی لەو گۆشە نیگایەوە سەیری ئەو هاوکارییەی کردووە کە «ئەمە نەك هەر یەکێتیی نەتەوەی کورد دەسەلمێنێتەوە، بەڵکو یەکێتیی چارەنوسی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ئێران و عیراق و رۆژهەڵاتەکەشمان دەردەخات».

هەر بە هەمان پێودانگ، لە وتارەکەدا ئاماژەیەکی رون بە ئۆپەراسیۆنی ساڵی ١٩٨٢ی هێزی پشتیوان کراوە کە تێیدا هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی سەردەشت و خانە هەماهەنگییەکی کارایان بۆ بەرپەرچدانەوەی پێشرەویی هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران کرد. تاڵەبانی لە هەڵسەنگاندنی ئەم ئۆپەراسیۆنەدا، نیشانی داوە کە هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان «سەروەریی پاراستنی کوردستانی لە دوو بەشدا (واتە لە بەشی کوردستانی عیراق و بەشی کوردستانی ئێران) بۆ خۆی تۆمار کردووە». شرۆڤەی تاڵەبانی بۆ دروست کردنی هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەم جۆرەیە کە ئامانجی هێرشی ئێران بۆ سەر کوردستان «دامرکاندنەوەی شۆڕشی کوردستانە لە هەردوو دیوی کوردستاندا» بەو مەبەستەی کە لێ نەگەڕێ «کوردستانی عیراق، وەك کوردستانی ئێران، ببێتە پێگەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عیراقی دوارۆژ». لە وتارەکەی تاڵەبانی بەڵێنی دا کە ئەگەر وتوویژ لەگەڵ بەغدا سەر بگرێ و کوردستان بە ئۆتۆنۆمیی راستەقینە شاد بێ، کوردستانی عیراق دەکاتە «قەڵاو پشت و پەنای هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران».

## پاشکۆ

### دەقی وتاری نەورۆزی ١٩٨٤ لە سورداش

خوشك و برایانی سەلار و دەلال
هەڤاڵانی خەباتگێڕو شۆڕشگێڕ
پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵتان لێ دەکەم. هیوادارم نەورۆزی ئەمساڵمان نەورۆزی ئاشتی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بێت. بۆ هێنانە دیی ئەم ئاواتە دێرین و پیرۆزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش، دەبێ نەورۆزی ئەمساڵمان بکەینە نەورۆزی ئاشتبونەوەی گشتی، واتە بیکەینە جەژنی خەبات کردن لەپێناوی پێکهێنانەوەی هەموو هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستان لەسەر بناغەی پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵك و پاراستنی کوردستان و عیراق لە داگیرکەرە پەلاماردەرەکانی بێگانەو پەیڕەوکردنی سەرەتای پیرۆزی سەربەخۆیی و پشت بەخۆ بەستن تاکو بتوانین هەموو ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یەکخەین، سازیان بدەین و باشتر بیانهێنینە جۆش و خرۆش لەپێناوی بەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان کە ئەمڕۆ خۆیان لە ئاشتی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمیی راستەقینەدا دەنوێنن، چونکە هێزی زۆرو زەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەگەر بێتو باش رێك بخرێت و چاك ساز بدرێت و ژیرانە رێبەری بکرێت، ئەوا دەتوانێت بەسەر هەموو کۆسپ و گیروگرفتێکدا زاڵ بێت و ئەمە دەستەبەری بەدی هێنانی هەموو ئامانجەکانی شۆڕشەکەمان و گەلەکەمان دەبێت.

جا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە باوەڕی بەو راستییانە

هێنـاوەو هەمیشە، پشت ئـەسـتـور بـە کۆمـەڵانی خەڵك و هێزی لەبن نەهاتووی جەمـاوەر، درێژەی بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی داوە، هەر بۆیەش زۆر زۆر پەرۆشی یەکێتیی ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیەتی، هەر بۆیەش ئەمڕۆ دروشمی سەرەکیی خۆی کردووە بە ئاشتبونەوەی گشتی کە دەبێتە هـۆی بـەدی هێنانی یەکێتییەکی تـەواوی ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵك.

پێم وایە زۆربـەی زۆری جەماوەرو هەمـوو ژیرو هۆشیارانی کوردستان دەزانـن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر سەبارەت بە دڵسۆزی و دووربینیی بۆ ئامانجەکانی گەل و نیشتمان و هەر سەبارەت بە پەرۆشیی زۆرو ژیرانەی بۆ سەرخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵك و بەفیڕۆنەدانی رەنجی ئەو خەباتەیە کە بە گیانی لەخۆبوردن و بەوپەڕی توانایەوە بۆ ئەو دروشمەی ئاشتبونەوەی گشتی هەوڵ و تەقەللا دەدات، بە ڕەچاوکردنی ئەو راستییەش کە ئەمڕۆ جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان (کوردایەتی) لە هەڵچون و گەشەکردنەو لە بۆ پێشەوەچوندا پێ دەنێتە قۆناغێکی تـازەوە کە لەمەشدا دەوری مێژوویـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ هەمـوو کەس دەدرەوشێتەوە.

هەڵساندنەوەی کوردایەتی، جۆشدانەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، هەڵگیرساندنەوەی شـۆڕشـی پـاراسـتـنـی کـــوردەواری و رزگـــاری و دیـمـوکـراسـی بـۆ خەڵکی کـوردسـتـان، بـە خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە فیداکاری و خۆبەخت کردنی دەیان سەرکردەو فەرماندەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سـەدان کـادیـرو چەند هـەزار ئەندامێکیان و بە هاوکاری و پشتیوانیی کومەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. هەمـوو خەڵکی کوردستان کارەساتە سامناکەکەی ئاشبەتاڵی لەبیرە. هەمـوو لەبیریانە کە چۆن پاشان نائومێدی باڵی رەشی بەسەر کوردستانی خۆشەویستدا کێشا بوو، چۆن مانەوەو بوژاندنەوەی کوردو کوردستان کەوتبوە خەتەرێکی گـەورەوە بە جۆرێك کە دۆست و دوژمـن پێیان وابـوو ئیتر کوردستانی عیراقیش بە دەردی کوردستانی تورکیا بـراوە و هەتا دەیـان ساڵی تر هەڵسانەوەی بۆ نیە. لەو رۆژە رەشانەدا کە گەورەترین شۆڕش و فراوانترین هێزی پێشمەرگەی کـوردسـتـان لـە خـوت و خـۆڕایـی، بـگـرە بەفیتی دوژمـنـانـی بێگانە، بـڵاوەی پێ کـرابـوو، دەنگی زوڵاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چیاو دۆڵ و شیوەکانی کوردستانی خوێناویدا دەنگی دەدایەوەو رایدەگەیاند کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی خۆیدا روداوێکی مێژووکردی بابەتیی لەفەوتان نەهاتووە، جوڵانەوەی رزگاری و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان (کـوردایـەتـی) بـەری پێویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و نۆبەرەی قانونی پەیدابون و بۆ پێشەوەچونی نەتەوەی کـوردە، بۆیە بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی خۆی هەر دەمێنێت و هەر زیندوو دەبێت، بێ ئەوەی هیچ دەوڵەت و هێزو توانایەك بتوانێت لە ناوی بەرێ.

ئەمجارەیان مێژوو شەرەفی هەڵکردنەوەی ئاڵای کـوردایـەتـی و شـۆڕشـەکـەی دایـە دەسـت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئێستا وا بە سەربەرزییەوە لـە نـاو کـۆمـەڵانـی خەڵـکـی کـوردسـتـانـدا دەوری رێبەری جوڵانەوەی رزگاری و دیموکراسی دەبینێت و هەمیشە دڵسۆزو وەفادار بووە بۆ خوێنی گەشی هـەزاران شەهید و رەنجی دەیـان هـەزار خەباتگێڕی گەلەکەمان دلێرانە لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانەو سیاسیدا دەچەقێ بێ ئەوەی هیچ سات و کاتێك ئامانجەکانی خەڵك و داخوازییە نەتەوایەتی و

دیموکراتییەکانی خەڵکی کوردستان فەرامۆش بکات، بێ ئەوەی بە قەدەر بستێك لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری و پێشمەرگانەو سیاسی لابدات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێ لادان و کۆڵدان، بێ وچان و وەستان، پتر لە حەوت ساڵە خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانەی لە کوردستانی عیراق هەڵگیرساندوەو پەرەی پێ داوەو بەڕێوەی بردوە، هەروەها توانیویەتی شۆڕش ببوژێنێتەوەو بەرەو گەشەشی ببات و بیگەیەنێتە ئەم رۆژەی کە دۆست و دوژمن دانی پێدا دەنێن و ڕێزی لێ دەگرن کە بە ڕاستی ئەوە کارێکی گەورەو گرنگە لە مێژوی کوردو کوردستان. ئەمەش بە خوێنی گەشی دەیان سەرکردەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەدان کادیر و هەزار تێکۆشەری نەمر لە مێژوی سەروەری کوردایەتیدا تۆمار کراوە.

بێگومان مێژوی کوردو کوردستان لاپەڕە درەخشانەکانی سەروەریی خۆی بەوە دەڕازێنێتەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێبەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەیان شۆڕشگێڕی بێ چەك و بە چەکەوە، شۆڕشی بوژاندۆتەوەو هێزی پێشمەرگەی کوردستانی گەیاندە هەزاران هەزار پێشمەرگە کە دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری کوردستانەکەیاندا گرتووە بێ ئەوەی پشتیوانییەکی ئەوتۆیان لە دەرەوە هەبێ. بە پێچەوانەوە، چەندین جار هێزی پێشمەرگەی کوردستان فریای برا شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران کەوتووە و چەندین شەهیدی قارەمانی لە سەنگەرەکانی پاراستنی کوردستانی ئێران و شۆڕشی ڕەوای خەڵکە قارەمانەکەیدا پێشکەش بە گەل و نیشتمان کردووە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەی ترە کە هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕە ژیرەکانی هەردوو بەشی کوردستان پێکەوە هاوخەباتی بکەن، لەجیاتی ئەوەی کە جاران بەگژ یەکدا دەکران و پێکەوە خوێن بڕێژن لە جیاتی ئەوەی لایەك خوێنی لایەکی تر بڕێژێت بەبیانوی پڕو پوچ. ئەمە نەك هەر یەکێتیی نەتەوەی کورد دەسەلمێنێتەوە، بەڵکو یەکێتیی چارەنوسی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ئێران و عیراق و ڕۆژهەڵاتەکەشمان دەردەخات.

هەروەك ئەو شایەدییەش بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدەم کە بە پێچەوانەی سیاسەتی چەوت و کۆنەپەرستانەی راوکردنی کوردپەروەرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێرانەوە، سیاسەتی هاوخەباتی و پشتیوانی کردنیانی پەیڕەو کردووە کە لە ئەنجامدا برا کوردە ئێرانییەکانمان ناوی پیرۆزو پڕ سەروەریی هێزی پشتیوانیان بەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بڕیوە. هەر بۆیەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەم سەروەریی پاراستنی کوردستانی لە دوو بەشدا بۆ خۆی تۆمار کردووە هەم شەرەفی نواندنی یەکێتیی خەبات و چارەنوسی کوردایەتی لە بەشەکانی کوردستان. هەر بۆیەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو هەموو خۆشەویستی و سەربەرزی و سەروەری و ڕێزو تەقدیرەی لە ناو دڵ و دەرونی خەڵکی کوردستاندا بۆ خۆی پەیدا کردووە، چ بە خۆڕاگرتن و فیداکاری، چ بەدرێژەدان بە خەباتی پێشمەرگانە، چ بە ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگانەی ڕاست و ڕەوا، چ بە خۆبەستنەوە بەخاکی کوردستان و دەستکەوتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوەو چ بە پەیڕەوی کردنی سیاسەتێکی مەبدەئیی شۆڕشگێڕانە بێت کە نیشانیان داوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاوها پەرەیان سەندووەو توانیویانە بەسەر هەموو ئەو نەخشەو پلانە جۆراوجۆرانەدا زاڵ بن کە بۆ لە ناوبردن و دەربەڕاندنیان دانرا بوون تا وای لێ هات یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان نەك هەر بوو بە گەورەترین هێزی سیاسیی کوردستان بەڵکو هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بوو بە گەورەترین هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کوردستان کە لە شکاندن نایەت.

بەڵێ وا بۆ یەکەمین جارە لە مێژوی کوردستانی عیراقدا هێزێکی سیاسیی هەڵقوڵاو لە جەرگەی رەنجدەران و خوێنمژراوانی کوردستانەوە، هێزێکی شۆڕشگێڕی سەربەخۆ، پشت ئەستور بەکۆمەڵانی خەڵك و بە عەدالەتی خەباتەکەی، لە دژوارترین هەلومەرجدا، لە نالەبارترین رۆژدا، لە دوای گەورەترین شکان و ئاشبەتاڵدا، کوردایەتی ببوژێنێتەوەو شۆڕشی خەڵکی کوردستان هەڵگیرسێنێتەوەو بیگەیەنێتەوە قۆناغێکی ئاوها کە دۆست و دوژمن نەتوانن ئینکاری بکەن و رێزی لێ نەنێن.

**ئەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم کاتەدا کە بە سەربەرزییەوە دەفتەری سەروەریی خەباتەکەی بۆ ئێوەی خۆشەویست و تێکۆشەر دەردەهێنێت بە نیازی سوربون لەسەر رێبازی شۆڕشگێڕانەی دێرینی خۆی، وەك هەمیشە، لەبەردەمی ئێوە دەوەستێت و دەفتەری حیسابی خەباتەکەشی دەکاتەوە بەو باوەڕە نەگۆڕەوە کە نەك هەر پشت بە یارمەتی و کۆمەك و پشتیوانیی ئێوەی دلێر دەبەستێت، بەڵکو گوێڕایەڵی رەئی و بیروڕاو رەخنەو پێشنیارەکانی ئێوەشە، وەك هەمیشە باوەڕی نەگۆڕی بە خەتی خەباتی جەماهیری هەیە، کە دەکاتە جۆشدانی خەباتی جەماوەر بە جەماوەرو بۆ جەماوەر. کە دەکاتە توند خۆبەستنەوە بە خەباتی کۆمەڵانی خەڵك و توند دەستگرتن بە ئەڵقەی رێبازی شۆڕشگێڕانەی نەبەزانە، تا هەموو ئامانجەکانی رزگاری و دیموکراسییان دێنێتە دی. ئەو خەبات و ئەو رێبازە شۆڕشگێڕانەیەش هەم بە شێوەی پێشمەرگانەو هەم بە شێوەی سیاسی، هەم بە شێوەی خەباتی چینایەتی و هەم بە شێوەی خەباتی نەتەوایەتی، هەم بە شێوەی خەباتی دیموکراتی و هەم بە شێوەی خەباتی پیشەیی دەبێت. لە هەر سەردەم و لە هەر هەلومەرجێکدا شێوەیەکی خەبات دێتە پێشەوە، بەڵام خەبات هەر درێژەی هەیە.

ئەمڕۆش خەباتی هەلومەرجێك هاتۆتە کایەوە. خەباتی سیاسیی شۆڕشگێڕانە هاتۆتە ریزی پێشەوەی شێوەکانی تری خەباتەوە، بێ ئاشبەتاڵ و کۆڵدان. گفتوگۆش بۆتە شێوەیەکی خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵك.

**دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ میری:**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەڵکی وا راهێناوە کە هەمیشە راستگۆ بێت لەگەڵیان و سیاسەتی راستەقینەی خۆی بۆیان ئاوەڵا بکاتەوە، راستییەکانیان بخاتە بەرچاو، پرس و رایان پێ بکات و دوور لە دەستکەوتی ئەوان و بێ رەزامەندیی ئەوان هیچ کارێکی گرنگ نەکات. هەر بۆیە پێی وایە کۆمەڵانی خەڵك هەقیانە داوای پتر روون کردنەوەی مەسەلەی گفتوگۆی لێ بکەن تا بزانن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رێبازی خەباتەکەی چیی بۆ داوا کردون و گفتوگۆ لە چ قۆناغێکدایە. هەر بۆیەش لێرەدا کورتەو پوختەی وەڵامی پێویست دەدەینەوە.

لە پایزیساڵی رابردودا، دوای ئەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرسی بە کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکانی رێکخستنەکانی خۆی کردو پرسی بە زۆربەی ئەنجومەنەکانی دێهاتی کوردستان و بە زۆر بیر روناك و دڵسۆزانی هۆشیاری کورد لە شارەکان کرد، دوای ئەوەی هەموویان پەسندیان کرد ئینجا پێشنیاری گفتوگۆکردنی لەگەڵ میری پەسند کرد. بۆچی ئەو بریارەی دا؟ سەبارەت بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ژیرانەو بەرپرسیارانەو

دوربینانەی هەلومەرجی ئێستای کوردستان و عیراق کە:

١-هێرش و پەلاماری ئێران بە نیازی داگیرکردن و لە ناوبردنی عیراق بە کوردستانیشەوە، هەڕەشە لە گەل و نیشتمان دەکات، دوژمنایەتی تائیفی و هەڵگیرساندنەوەی فیتنە کۆنینەکەی لە رۆژهەڵات دا بڵاو دەکاتەوە. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم چونکە پاشان دێمەوە سەری.

٢-برایەتی و یەکێتیی تێکۆشانی کوردو عەرەب و یەکێتیی نیشتمانیی عیراق پێویستییەکی زۆریان بە بەرپەرچدانەوەی پروپاگەندەی شۆڤێنیستەکان دەکرد کە گەرەکیان بوو وا نیشانی بدەن کە گوایە کورد باکی برایەتییە دێرینەکەی خۆی لەگەڵ عەرەب نیە، پەرۆشی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق نیەو دەستە چەورەکەی ئەوانەی دەبنە کەوا رەشی بەر لەشکری پەلاماردەری ئێران بۆ سەر عیراق بە کوردستانیشەوە بەسەری هەموو خەڵکی کوردستان بسرنەوە بۆ هاندانی عەرەب لە دژی کورد، لە کاتێکدا کورد زۆری پەرۆشی برایەتییە مێژووینەکەی خۆیەتی لەگەڵ عەرەب و زۆریش دڵسۆزی یەکێتیی تێکۆشانی کوردو عەرەبە. گەلی کورد هەرگیز پشتی گەلی عەرەبی برای خۆی بەر نەداوەو بەریشی نادات. هەر زۆر لە زووەوە، هەر لە زەمانی سەلیبییەکان و سەڵاحەدینەوە، تا ئەمڕۆ هەمیشە گەلی کورد لە ناخۆشی و تەنگانەدا دۆست و براو پشتیوانی گەلی عەرەب بووە.

ئەمڕۆ ناکرێ و ناشێ بۆ هێزێکی سیاسیی گەورەو بەرپرسی وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ماوە بدات قسەی ناحەزان سەرکەوێت و بگوترێ لە کاتی پەلاماردانی عێراقدا لە لایەن ئێرانەوە، لە کاتی پەلاماردانی خاکی عیراق و گەلی عێراق لە لایەن ئێرانەوە بۆ داگیرکردنی نیشتمانی عیراق و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانەکەی و زەوت کردنی مافی چارەی خۆنوسین لە گەلەکەی، کورد یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پشتەوە هاوکاریی ئێرانی کردوەو لە دژی پەلاماردانەکەی نەك هەر نەوەستاوە بەڵکو لەولاشەوە رێگەی بۆ خۆش کردووە.

٣-لە کاتێکدا لەشکری عیراق لەسەر سنورو لە ناو خاکی عیراقدا لە شەڕ دایەو دژی داگیرکەرە پەلاماردەرەکانی ئێران وەستاوەتەوە، ناشێ هێزی پێشمەرگەی کوردستانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەجیاتی ئەوەی یارمەتیی بدات، لەپشتەوە خەنجەری لێ بدات. ئێمە بە هیچ کلوجێك نامانەوێ ئەو تۆمەتەمان بێتە سەر، نەك هەر لەبەر ئەوەی ئەمە لە دژی پێویستییەکانی پاراستنی عیراقە، بەڵکو لەبەر خاتری لەشکری عیراقیش کە دەیان و سەدان هەزار رۆڵەی عیراقی تێدایە، ئەو لەشکرەی کە لەگەلی عیراق جیا ناکرێتەوەو خاوەنی خاسیەتە تایبەتییەکانی خۆیەتی.

٤-ناوچەکانی بن دەسەڵاتی پێشمەرگەی کوردستان لە دوو لاوە هێرشیان بۆ دەهات. ئێرانیش بەسەر لاشەی شۆڕشی کوردستانی ئێراندا، لە دوای داگیرکردنەوەی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستانی ئێراندا دەیویست ناوچەکانی ئێمەش داگیر بکات، لە کاتێکدا عیراق ئامادەی شەڕ راگرتن بوو لە دژمان و تا رادەیەکیش پشتیوانیی لە شۆڕشی کوردستانی ئێران دەکرد.

٥-وەزعی ئەو معارەزە عیراقییەی ئەمڕۆ تیرو توانج و تۆمەتمان تێ دەگرێ لەوپەڕی کزی دایە، جگە لە معارەزەی تایفیی کۆنەپەرستانە کە لەسەر نوکە نێزەی لەشکری داگیرکەرو پەلاماردەری ئێران گەرەکێتی بێتەوە عیراق و دەسەڵاتەکەی بگرێتە دەست و بە شێوەیەکی کۆنەپەرستانەی ئێران ئاسا حوکمی وڵات بکات. ئەمە لە کاتێکدا ئێمە کە

دروشمی روخاندنی حوکمیشمان هەڵگرتبوو، داوای هێنانی حوکمی ئیئتیلافی دیموکراتمان دەکرد، نەك حوکمی بەناو دینی و زۆر کۆنەپەرست کە دوژمنی کوردایەتی و دیموکراسی و سۆسیالیزم و ژیانی ئەم سەردەمەیە کە نمونەکەی وا گەلانی ئێران دەهارێت. بۆیە شەڕکردنمان بە قازانج بۆ ئەو هێزە کۆنەپەرستە دەستڕەشە دەگەڕایەوە.

٦-گرانی و قات و قڕی، بێ دەرمانی و بێ ئازوقەیی، زۆریان بۆ خەڵکی ناوچەکانی پێشمەرگە هێنا بوو، ژیانی پێشمەرگەیان زۆر تاڵترو تفتتر کردبوو کە وا پتر لە حەوت ساڵە بێ وچان و پشودان درێژە بە شۆڕش دەدەن.

٧-سەرەڕای هەموو ئەو راستییانە، میری دەری بڕی بوو کە ئامادەیە گوێ رابگرێ لە هەموو داخوازی و داواکارییەکانی گەلی کوردو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئامادەیە کەموکوڕیی ئۆتۆنۆمی ببڕێ و گەشەی پێ بدات، وەك خۆی گوتەنی. ئێمەش پێمان باش بوو جارێکی تر داخوازییەکانی گەلی کورد بەرینە پێش و ئەگەر دەرفەتی بە ئاشتی وەرگرتنی مافەکان یان هەندێ لە مافەکان هەبێت، دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە، بەتایبەتی لەو وەزعەدا کە لە سەرەوە باسمان کردووە.

ئەمە جگە لەوەی کە گفتوگۆ چ زیانێکی بۆ شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تێدا نیە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شوێنەکانی خۆیەتی و رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گەشەکردن و پەرەسەندنی خۆیان دان. هەروەك ئەو گفتوگۆیەش بۆ کۆمەڵانی خەڵك باش و بەکەڵکە، بەتایبەتی کە ئێمە چەکمان هەر بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی گەل هەڵگرتووە، جا ئەگەر ئەو ئامانجانە بە ئاشتی بهێنرێنە دی، ئەوا گەلێ خوێن و فرمێسکمان بۆ دەگەڕێتەوە.

لە خولی یەکەمی گفتوگۆکەدا باسی هەموو داخوازییەکانی گەلی کوردستانی عیراق کران و لەسەر هەموویان گفتوگۆی سەربەستانەو بێ پەرواو ئاشکرا کران. هەردوولا رەئیەکانی خۆیان دەربڕی. میری ئامادەیی خۆی بۆ سەلماندنی پەرەپێدانی ئۆتۆنۆمی و لابردنی وەزعی نالەبارو ناهەموار لە کوردستانی عیراق و سەلماندنی مافی حوکمڕانی کردنی کوردستان لە لایەن خەڵکەکەیەوە نیشان داوەو لەو خولەدا هەردوولا پێکهاتون لەسەر:

١-وەستاندنی شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی میری.

٢-دەست کردن بە گفتوگۆی جیددی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتی و رەوا لە چوارچێوەی یەکێتیی عیراقدا.

٣-جێبەجێ کردنی پێویستییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو قۆناغەدا.

## کۆمەڵانی خەڵك و گفتوگۆ:

دوا بە دوای بڵاوبونەوەی دەنگوباسی رەسمی دەربارەی وتوویژ لە نێوان میری و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، یەکسەر سەدان هەزار کەس رژانە سەر شەقامەکانی شارەکانی کوردستان، دەستیان بە دانانی دروشمی پشتیوانی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەربڕینی خۆشی و شادیی خۆیان بەو هەنگاوە کرد کە بە سەرکەوتنێکی خۆیان دانا.

راگرتنی شەڕو لابردنی زەغت و تۆقاندن لەسەر خەڵك، بوونە هۆی گەشانەوەی خەڵك و دروست بونی جەوێکی هیوابەخش کە تێیدا کۆمەڵانی خەڵك لە لایەکەوە هەناسەیەکی ئازادی و ئاسودەییان هەڵکێشاو لە لایەکی ترەوە تینی گرانی و قات و قڕییان لەسەر لاچوو. هیواو ئومێدیشیان بە سەلماندنی مافە

دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانیان ژیایەوە.

هەر بۆیە کۆمەڵانی خەڵك زۆر بە گەرمی پێشوازییان لەو هەنگاوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردو زۆریش پشتیوانیان لێ کرد. بەمجۆرە، جوڵانەوەیەکی جەماهیری بوژایەوەو پەرەی سەندەوە کە شارو دێهاتی کوردستانی گرتەوە و بێگومان بووە مایەی پەرەسەندنی ڕێکخراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان. ئەمەش بەلای ئێمەوە دەستکەوتێکی زۆر گرنگ و بایەخدارە، پێویستە بەوپەڕی ژیری و هۆشیاری و چالاکییەوە پێشوازیی لێ بکەین بۆ زۆرترو پتر پەرەپێدان و گەشەپێدانی ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان. پێویستە چالاکانەو هۆشیارانە پەرەو گەشە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکێتیی نوسەرانی کوردستان و یەکێتیی ماموستایانی کوردستان و یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان بدەین و هەر چی زووشە خوشکانی تێکۆشەر یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ببوژێننەوەو بیخەنەوە گەڕ، چونکە بێ ڕێکخستن و جۆشدانی خەباتی ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵن، بێ هاوبەشیی چالاکانەو ژیرانەیان لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا سەرکەوتن بەدەست نایەت، هەروەك پێویستە جوڵانەوەیەکی جەماهیریی ڕێکوپێکی جوتیاران ساز بدەین و جۆش بدەین بۆ لە ڕەگ و ریشە هەڵکەندنی دەرەبەگایەتی و پاشماوەکانی، بۆ جێبەجێ کردنی چاکسازیی کشتوکاڵی تاکو زەوی ببێتە هی ئەوانەی ڕەنێوی دەهێنن، بەڵام بەبێ لادان بەلای ڕاست و بەلای چەپداو بەبێ لەبیرکردنی پێویستیی هۆشیارکردنەوەی جوتیاران تاکو خۆیان جوڵانەوەی ڕزگاربونی خۆیان جۆش بدەن و بەڕێوە بەرن. واتە نەك چاکسازییەکی کشتوکاڵیی بیروکراتی بەڵکو چاکسازییەکی کشتوکاڵیی شۆڕشگێڕانە. بۆ ئەمەش دەبێ پشت بە جوتیارانی هەژارو ڕەنجدەرانی لادێ ببەستین و ئەوانیش هاوکاریی جوتیارانی ناوەنجی بکەن و پێکەوە هەوڵی بێ لایەن کردنی جوتیاری دەوڵەمەند بدەن.

جا ئێمە لەم هەلومەرجەدا پێمان باشە قانونی ژمارە ٩٠ جێبەجێ بکرێت، پێویستە خەبات درێژە پێ بدەین بۆ هەمووارکردنی قانونەکە بۆ هێنانە دیی داخوازییەکانی جوتیاران بۆ بەدیهێنانی دروشمی زەوی بۆ ئەو جوتیارەیە کە دەیکێڵێت، دیارە ئەمەش بە ڕەچاوکردنی وەزعی تایبەتی کوردستان.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەرچەند بە گەرمی پشتیوانی لە گفتوگۆ دەکەن بەڵام زۆر بە پەلە داوای بەئەنجام گەیاندنی دەکەن، زۆر بە پەلە داوای بەیان کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەن. ئێمەش بە پێویستی دەزانین بە کۆمەڵانی خەڵکی خۆشەویستی کوردستان ڕابگەیەنین کە هەرچەند میری لە خولی سێیەمی گفتوگۆش دوپاتی کردۆتەوە کە لە گفتوگۆکەداو لە گەشەپێدانی ئۆتۆنۆمیداو لە چارەسەرکردنی کێشە کورددا زۆر ئیجابییەو هەرچەند هەندێ هەنگاوی جیددیشی بەرەو ئەوە ناوەو لەم ڕووەوە چەندین بەڵێنی باشیشی داوە، بەڵام دیسان هەر پێویستە ئەم ڕاستییانە بخەینە بەرچاو:

١-کێشەیەکی ئاڵۆزی گرێ گرێیاویی وەك کێشەی کورد کە پتر لە چارەکە قەرنێکە خەباتی شۆڕشگێڕانەی بۆ دەکرێ و لە پێش ٢٣ ساڵیش خەباتی پێشمەرگانەی بۆ کراوە، وا بە سووك و سانایی، وا بە پەلەو بە زوویی چارەیەکی تێروتەسەلی بۆ ناکرێت، بەتایبەتی کە ناحەزانی ئەم چارەسەرکردنە لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات گەلێ زۆرن و چەندین دەوڵەتی وەك ئێران و تورکیا لە دژی کار دەکەن، بۆیە پێویستە بە پشوویەکی شۆڕشگێڕانەوە بنوارینە مەسەلەکە.

٢-یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و میریش بەوردی و لەسەرخۆ مەسەلەی کورد تاوتوێ دەکەن. هەرچەند هەردولا وەفدی دەسەڵاتداری خۆیان لەسەر بەرزترین ئاست داناوە بۆ پەلەکردن لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و لەم رۆژانەی داهاتوش دەست دەکەنەوە بە کار، بەڵام دیسان پشووی شۆڕشگێڕانە دەبێ درێژ دەبێ، چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای گەڵاڵەکردنی رێککەوتنەکەش دەیخاتە پێش کادیرەکانی خۆی و هۆشیارانی گەلەکەمان و لێزان و پسپۆڕان ئنجا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا ئەگەر پێیان باش بوو پەسندی بکەن یان داوای دەستکاریی پێویستی تێدا بکەن. بە کورتی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێ پرس و را بە خەڵك و بێ رەزامەندیی کۆمەڵانی خەڵك، هیچ هەنگاوێك بەرەو ئەنجامی دوایین نانێت.

## شێواندنی گفتوگۆ:

هەندێ لە ناحەزانی گفتوگۆ لە شارەکان و هەندێ لە دوژمنەکانیشی لە دەرەوە، هەر زوو کەوتنە پروپاگەندەی ژەهراوی و بگرە جنێودانیش بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەندی داخ لە دڵ و لە خۆترساوی شارەکان لەگەڵ هەندێ لە دەرەبەگە نیشتمانفرۆشەکان پروپاگەندە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاو دەکەنەوە کە گوایە یەکێتی، دەردی خۆیان گوتەنی، گەڕاوەتەوە ریزی نیشتمانی. هەر زوو وەڵامی دەمکوتکەرانەی درۆی ئەوانەمان بەم راستییە دایەوە کە ریزی نیشتمانیی راستەقینە ریزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشەکەمانە. هەویەی نیشتمانی لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بە خوێنی گەشی شەهیدە نەمرەکان دەردەکرێت.

لە دەرەوەش هەندێکی تر درۆو دەلەسەی بەزین و «خۆ بەدەستەوەدانی» یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بە چەندین جنێوی ناشیرینەوە بڵاو کردەوە، بەڵام وەڵامدانەوەی دەمکوتکەرانەی درۆو بوختانی ئەوانیش هەر بەم راستییە درایەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێبەری کۆڵنەدەری کوردایەتی و شۆڕشەکەیەتی، نەك هەر بە شاخەوەیە و لە دەرەوەیە، بەڵكو تا سەرکەوتن یان مردن، تا بەدەست هێنانی مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردستان هەر درێژە بە خەبات دەدات بە هەموو شێوەکانییەوە. گفتوگۆش بەلای ئێمەوە هەر شێوەیەکی ئەو خەباتەیە، وەسیلەیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان.

## داخوازییەکانی گفتوگۆ:

لە دوای خولی دووەمی گفتوگۆکە، سەرکردایەتیی یەکێتی بە نوسینی پرۆژەی قانونی ئۆتۆنۆمیی راستەقینەو مافە سەرەکییەکانی کوردو پرۆژەی چۆنێتیی گەڕاندنەوەی کوردستان بۆ دۆخی ئاسایی خۆی پێشکەش بە کاربەدەستانی میری کردووە.

لەو پرۆژە نوسراوانەدا یەکێتی داوای ئۆتۆنۆمیی راستەقینە دەکات کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە، واتە هەموو ئەو ناوچانەی لە سنوری ئۆتۆنۆمی دەرهێندراون و کوردستانن، هەر لە شنگالەوە تا خانەقین و مەندەلی. داوای دەسەڵاتی تەواو بۆ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەکەین. داوای ئەوە دەکەین ئۆتۆنۆمیی راستەقینە ناوەڕۆکێکی زیندوی هەبێت کە حوکمڕانیی خەڵکی کوردستانە بەسەر ناوچەکانی خۆیدا.

هەروەها داوای جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دەکەین. داوای ئەوە دەکەین کە هەموو جوتیارە راگوێزراوەکانی کوردستان بچنەوە سەر دێهاتی خۆیان و چاکسازییەکی کشتوکاڵیی شۆڕشگێڕانەیان بۆ بکرێت و چەکداریش بکرێن. هەروەك دەبێ هەموو

کرێکاران و موچەخۆرەکان و راگوێزراوەکانی شارەکانی گەرمیانی کوردستان بچنەوە سەر کارەکانی خۆیان لە شارەکانی خۆیان. داوامان ئەوەیە هەموو موچەخۆر و ئەفسەرو خوێندکارانی کورد بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان و پاداشتیان بدرێتەوە.

داوای ئازادی و سەربەستییە دیموکراتییەکانمان کردووە تاکو رێکخراوە سیاسی و دیموکراتییەکانی کوردستانیش بگەڕێنەوە سەر کارکردن و ئەوانەی نەماون، بە ئاشکراو بە سەربەستی، نەك تەنها ئەوانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ببوژێندرێنەوە.

داوامان کردووە هەموو زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بکرێن بە برا بارزانییەکانیشمانەوە کە دەبێ ئازاد بکرێن و بگەڕێندرێنەوە سەر شوێن و دێهاتی خۆیان، هەروەها هەموو داخوازییەکانی تری خەڵکی کوردستانیشمان پێشکەش کردووە.

داوامان وایە هەموو ئەو شتانەی لە هەلومەرجی نائاسایی دا یان هەموو ئەوانەی لە دژی شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەکدار کراون هەڵوەشێندرێنەوە. پارێزگاریی نیشتمانیش لە دوژمن و لە پەلاماردەران پێمان وایە نەك بەوانە ناکرێت بەڵکو ئەمانە دەبنە رێگرو کۆسپ لە کوردستاندا.

**پاراستنی نیشتمان لە پەلاماردانی ئێران:**

شتێکی ئاشکرایە کە حکومەتی ئێران بە نیازی داگیرکردنی عیراق درێژە بە هێرش و پەلامارەکانی دەدا. حکومەتی ئێران نایشارێتەوە کە دەیەوێ عیراق بگرێت، حوکمەکەی سەرەنگوم بکات تاکو حکومەتێکی بە ناو ئیسلامیی سەر بە ئێران لە شوێنی دابنێت. دەیەوێ ٢٥٠ هەزار ملیۆن دۆلار تۆڵەی زیانەکانی شەڕ لە عیراق بسێنێت. دەیەوێ رێککەوتنەکەی ساڵی ١٩٧٥ی جەزایر بەسەر عیراقدا بسەپێنێت، واتە هەم نیوەی شەتولعەرەب و هەم زۆر شوێنی تری عیراق لە کوردستان داگیر بکات. بە کورتی، حکومەتی ئێران دەیەوێ عیراق توند بە پاشکۆی خۆیەوە گرێ بداو گەلەکەی لە سەربەخۆیی نیشتمانی، مافی دانانی رژێمێکی ئیئتیلاف و دیموکرات، ژیانی ئازادو پێشکەوتوو، بێبەش بکا. هەمان حوکمی کوشت و کوشتار و زەوتکردنی مافە نەتەوایەتی و دیموکراتییەکانی گەلان کە لە ئێران هەیە بەسەر عەرەب و کوردو تورکمانی عیراق دا بسەپێنێت، فیتنەو شەڕو ناکۆکیی شیعەو سوننەش لە عیراق پەرە پێ بدات تا بە یەکجاری کاولی بکات.

پەلاماری ئێرانیش بۆ سەر کوردستانی عیراق بەسەر لاشەی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێراندا بەنیازی دامرکاندنەوەی شۆڕشی کوردستانە لە هەردوو دیوی کوردستاندا. بەنیازی لە ناوبردنی نەتەوەی کوردە، بەنیازی لە ناوبردنی جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی و دیموکراتیی خەڵکی کوردستانە بۆ ئەوەی نەهێڵێت کوردستانی عیراق، وەك کوردستانی ئێران، ببێتە پێگەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عیراقی دواڕۆژ.

هەر بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دلێرانە چون بەگژ پەلاماردەرە ئێرانییەکاندا، تەنانەت لە کاتێکدا کە یەکێتی دژی هەردوو حکومەت دەجەنگا.

ئێستاش لە بەرامبەر هێرش و پەلاماری ئێران هەر هەمان هەڵوێستمان هەیە، بەڵام بەلای ئێمەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە دڵ و گیان بچنەوە بەگژ هێرش و پەلاماری ئێرانداو کوردستانیان لێ بکەنە گۆڕستان، دەبێ هەموو مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی خەڵك بسەلمێندرێن و دابین بکرێن.

دەبێ ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بە خەڵك بدرێت، دەبێ خەڵکی کوردستان بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە حوکمی کوردستان بکەن، پێویستە جوتیارەکان بگەڕێنەوە بۆ دێهاتەکانی خۆیان و چەکدار بکرێن

تاکو دێهاتەکانیان بکەنە قـەڵاو شورەی پاراستنی عـیـراق، پێویستە پشت بە جـەمـاوەری کوردستان ببەسترێت، جەماوەری کوردستان چەکدار بکرێن و بکرێنە شورە و قەڵای پاراستنی وڵات، چونکە ئەم کارە هەر بە پێشمەرگە دەکرێت نەك بە جاش و جاشی سووك، نەك بە دەرەبەگ و خێڵە کۆنەپەرستەکان کە نیازیان ژیاندنەوەی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە.

هەر بە ڕەچاوکردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی ماف سەلماندن و پشت بەستن بە جەماوەریش، مەسەلەی سەربازی راکردوو چارەسەر دەکرێ نەك بە تۆقاندن و هەڵواسین، هەر ئەوسا خۆیان بە دڵ و بەگیان، پۆل پۆل و دەستە دەستە، دەچن بەرەو سەنگەرەکانی پاراستنی نیشتمان لە پەلاماردەرەکان، بۆیە یەکێتی داوای پەیڕەوی کردنی ئەو سیاسەتە راست و رەوایە دەکات تاکو هەموو خەڵکی کوردستان بە دڵ و بەگیان دەست بدەنە چەك و دیفاع لە نیشتمانەکەی خۆیان کە عیراقی خۆیانە بکەن.

هەر بە پەیڕەوی کردنێکی دڵسۆزانەی سیاسەتی دابینکردنی مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی و خەڵك دەکرێ یەکێتیی نیشتمانیی عیراق بپارێزرێت و بچەسپێنرێت. هەر بۆیە هەوڵدان و خەبات کردن بۆ هێنانە دیی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان هەوڵدان و خەباتە بۆ پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق، واتە بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە دەبێتە هۆی بەهێزکردن و چەسپاندنی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق و پەرەپێدانی برایەتیی کوردو عەرەب. بەپێچەوانەوە داگیرکردنی کوردستـان و خەڵك و نەسەلماندنی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە دەبێتە هۆی لاوازکـردنـی عیراق.

هەر بۆیە ئەمڕۆ کە میری بەڵێنی بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە بە گەلی کورد دەدات و قۆڵ و بازوی بە هێزی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی لێ هەڵکردووەو کەوتۆتە گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم راستییە لە هەموو کاتێك زیاتر دەدرەخشێتەوە کە سەلماندن و جێبەجێ کردنی ئۆتۆنۆمیی راستەقینە دەبێتە هۆی بەهێزو بەتین کردنی یەکێتیی عیراق و پەرەپێدان و فراوان کردنی بەرەی بەربەرەکانێ کردنی پەلاماردەرە ئێرانییەکان و هـانـدان و سـازدان و جۆشدانـی سـەدان هـەزار رۆڵـەی کـورد بۆ پاراستنی گەل و نیشتمان. هەر ئەوساش کوردستان دەبێتە گۆڕستانی داگیرکەران و پەلاماردەرانی ئێرانی.

ئێمەش کە لەم ساتە سامناکەی مێژووی عیراق ( بە کوردستانیشەوە)دەستمان کردووە بە گفتوگۆ بە هەمان نیازو بۆ هێنانە دیی هەمان ئامانجە، بۆ دابین کردنی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستانە، بۆ ئۆتۆنۆمیی راستەقینەیە، بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق و پەرەپێدان و گەشەپێدانی بەربەرەکانی کردنی داگیرکەرانی ئێرانییە، بۆ بەهێزو پتەوکردنی برایەتیی مێژووکرد و دێرینی کـورد و عەرەبە، بۆ ئەمانەیەو بۆ هێنانە دیی داخوازییە رەواکانی تری خەڵکە.

بۆیە هەر کەسێ یان هەر تاقمێ یان هەر هێزێ وا تێ بگات و خۆی بە هەندێ هۆی ناڕاست فریو بدات و بڵێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ماندوو بووە یان بەزیوە یان خەریکی تەسلیم بوونەوەیە، ئەوا خۆی تووشی هەڵەی گەورەو کوشندە دەکات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو هێزە شۆڕشگێڕە نەبەزو کۆڵنەدەرە سەربەخۆیەی کوردستانە کە هەتا سەر دڵسۆزی کۆمەڵانی خەڵك و نیشتمانە و لە ژیـان و گیانی خۆی و ئەندامان و پێشمەرگەکان و لایەنگرانی خۆی، لە خەباتی جەماهیری و لە شۆڕشدا، بێباکەو هەمیشە هەتا سەرکەوتن هەر

ڕێکخەرو ڕێبەری کوردایەتی دەبێت، هەر ڕێبەرو ڕێکخەری خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێت لە پێناوی دیموکراسی و مافە نەتەوەییە ڕەواکان کە ئەمڕۆ خۆیان لە ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینەدا دەنوێنن.

بۆیە بێگومان، ئەمجارەش درۆو دەلەسەو تۆمەتی بوختانی ناحەزان و سەرلێشێواوان هەر خۆیانی پێ ڕیسوا دەبێتەوەو ڕووداوەکان دەری دەخەنەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر ڕێبەری نەبەزو کۆڵنەدەری کوردایەتی و شۆڕشە لە کوردستانی عیراق و هەتا بەدیهێنانی هەموو داخوازییە چینایەتی و نەتەوایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵك هەردەم خەباتگێڕی شۆڕشگێڕو سەربەخۆی گۆڕەپانی کوردستان دەبێت.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك هێزێکی سیاسیی گەورەو بەرپرسیاری شۆڕشگێڕ، ژیرانەو دوربینانە دەڕوانێتە ڕووداوەکان و هەلومەرجی عیراق و خەتەری پەلاماردانی ئێران زۆر باش هەڵدەسەنگێنێت. ڕاستە زۆریش پەرۆشی برایەتیی کوردو عەرەبیەتی، زۆریش بە تەنگ یەکێتیی نیشتمانیی عیراقەوەیە، زۆر زۆریش باکی خوێنی پێشمەرگەکان و سەربازەکانی عیراقیەتی و زۆر پەرۆشی ئەوەیەتی کە ئەو خوێنە لە شوێنی خۆیداو لە کاتی پێویست و بۆ پاریزگاریی نیشتمان و سەربەخۆیی نیشتمان بڕژێت نەك لە شەڕی لابەلادا، هەر بۆیەش دروشمی ئاشتبوونەوەی گشتیی هەڵگرتووە، لەلایەکەوە لەگەڵ میری بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای کورد کەوتۆتە گفتوگۆوە، لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان کەوتۆتە هەوڵ و تەقەلای ئاشتبوونەوە، نامەو ڕاسپاردەیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕ دەکات بۆ ئەوەی خوێنی گەشی کورد بەدەست کوردەوە نەڕژی و بۆ ئەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان بە شێوەیەکی خۆشی و سیاسی ناکۆکی و گیروگرفتەکانی خۆیان لابەلا بکەن.

بەڵام هەر کە سێ یان هێزێ ئەو هەموو هەست و بەرپرسیاری و ژیری و پەرۆشییەی یەکێتی بە لاوازی و کزی و ماندوبوون و کۆڵدان بداتە قەڵەم، ئەوا خۆی تووشی هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات کە ڕەنگە بەرەو هەڵدێری هەزار بە هەزاری بەرێت، چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێکی تر بەهێزترو بەتواناترە لە ڕووی سیاسی و جەماهیری و پێشمەرگایەتییەوە، نەك هەر ماندوو و پەککەوتە نیە، بەڵکو حەساوەو سازو ئامادەیەو کوڕی نەبەردە. هەمیشەو هەتا سەر بێ لادان و کۆڵدان درێژە بە خەباتی جەماهیریی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەداو هەموو داخوازییە دیموکراتی و نەتەوایەتی و چینایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عیراق دێنێتە دی، هەروەك هەمیشە پشتیوانی باوەڕپێکراوی شۆڕشی کوردستانی ئێران و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دەبێت لە هەموو کوردستاندا.

ئەگەر گفتوگۆکەمان، وەك لێی ڕەچاو دەکرێ، سەرکەوت و بە کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە شاد بووین، ئەوا بێگومان کوردستان دەکەینە قەڵاو پشت و پەنای هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ئێران و بە هەموو جۆرو شێوەیەك هاوکاری و هاوخەباتییان دەکەین تا سەر دەکەون و ئێرانێکی ئازادو سەربەخۆو دیموکرات لەسەر کەلاوەی ڕژێمە کۆنەپەرستە شۆڤێنییە پەلاماردەرە داگیرکەرەکەی ئێستای ئێران بنیات دەنێن.

**خوشك و برایانی خۆشەویست**

دە با نەورۆزی ئەمساڵمان بکەینە نەورۆزی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانە بۆ ئاشتبونەوەی گشتیی نێوان هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم ئاشتبونەوەیە بمانگەیەنێت بە ئاشتی و

دیموکراسی و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە.

دە با هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش خەباتی ژیرانەی خۆیان ساز دەن و جۆش دەن لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکانی خۆیاندا کە گفتوگۆی ئەمڕۆمان شێوەیەکی ئەو خەباتەیە، ڕێگەیەکە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتەکەمان.

دە با هەر شەکاوە بێت ئالای نەورۆزی کورد کە نەورۆزی رزگاربوونە لە زوڵم و زۆری هەموو زوحاکەکان و لە سەرماو سۆڵەی هەموو زستانە ساردو سڕەکان.

دە با دەرس لە ئەفسانەی مێژویی نەورۆز وەرگرین بۆ سازدان و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵك بە ڕێبەریی کاوەی ئاسنگەری هەموو سەردەمێك کە ڕەنجدەرە هۆشیارە شۆڕشگێڕەکانن.

دیسانەوە نەورۆزتان پیرۆز بێت و هەر شاد و سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

## وندسۆر (کۆبونەوەی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق)

کۆبونەوەی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لە شارۆچکەی وندسۆر لە رۆژئاوای لەندەنی پایتەختی بریتانیا لە ماوەی ٧-٨ ی نیسانی ١٩٩٩ بە مەبەستی کاراکردنەوەی رۆڵی ئەنجومەنی راپەڕاندن.

لە ساڵی ١٩٩٦ دا بە هۆی هاوکاریی نێوان رژێمی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، هێزەکانی عیراق لە هێرشێکی بەربڵاودا بۆ سەر هەولێر بۆ لەناوبردنی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پەلاماری هەولێریان دا. جگە لەوەی کە گورزێکی کاریگەریان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا، تەنگیان بە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیش هەڵچنی و ژمارەیەکی زۆر بەرهەڵستکاری عیراقیان گرت و کوشت. لەم سۆنگەیەوە کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق پوکایەوەو زۆربەی لایەنە سیاسییەکان وازیان لێ هێنا. لە لایەکی ترەوە ئەمریکییەکان پشتیوانیی ماددی و سیاسییان لە کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق بڕی و قۆناغێکی پێداچونەوەی دورو درێژیان دەست پێ کرد. بە هۆی هەموو ئەم فاکتەرانەوە، ئەنجومەنی راپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق تا ساڵی ١٩٩٩ هیچ کۆبونەوەیەکی پێ نەبەسترا. بە درێژایی دەوروبەری سێ ساڵ، واشنتۆن دەستبەرداری ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بوو. بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ دا گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر هەڵوێستی ئەمریکادا هات کە ڕێی بۆ دەمەزەردکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و ئەمریکا خۆش کرد. لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ دا ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا یاسای رزگارکردنی عیراقی پەسند کرد. لە ٧ی تشرینی یەکەمدا ئەنجومەنی پیرانیش پەسندی کردو لە کۆتاییدا سەرۆکی ئەمریکا بل کلنتۆن لە ٣١ی تشرینی یەکەمدا یاساکەی واژۆ کرد. لە یاساکەدا هاتبوو کە «دەبێ ئەمریکا سیاسەتی یارمەتیدانی بەرهەڵستکارانی رژێمی سەددام حسێن لە عیراق بگرێتە بەرو پشتگیریی هاتنە ئارای حکومەتێکی دیموکرات بۆ جێگرتنەوەی ئەو رژێمە بکات». لەم سەروبەندەدا یاساکە سەرۆکی ئەمریکای سەرپشك کرد کە لە ماوەی ٩٠ رۆژدا لە ناو گروپە عیراقییە دیموکراتە بەرهەڵستکارەکاندا، ڕێکخراوێك یان زیاتر دیاری بکات کە شایستەی بەدەستهێنانی یارمەتیی ئەمریکا بێ. کۆنگرێس لە یاساکەیدا مەرجەکانی ئەو ڕێکخراوەی دیاری کردبوو کە شایستەی پشتیوانی لێ کردنەو زۆرتر بە لای ئەوەدا چوو کە ئەو لایەنە

(بە بێ ناوهێنان) کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقە، بەڵام حکومەتی ئەمریکا بۆچونی تری لەم بارەیەوە هەبوو. لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨دا وتەبێژی فەرمیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جیمس رۆبن لە لێدوانێکدا باسی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی کردو رایگەیاند کە واشنتۆن ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی خاوەن پایەگایەکی جەماوەریی فراوانتر لە پایەگای جەماوەریی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقی دەوێ. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ جێگرتنەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق دران سەریان نەگرت، بۆیە هەر ئەوە مایەوە کە کار بۆ چاکسازی کردنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق بکرێ و وای لێ بکرێ کە شایستەی پشتگیریی ئەمریکا بێ.

لەو ماوەیەدا بۆ هاوئاهەنگ کردنی هەنگاوەکەو کارکردن بەپێی ئەجێندایەکی رون، فرانك فرەنسیس ریچاردۆنی کرایە رێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ئەمریکاو ئۆپۆزیسیۆنی عیراق. ریچاردۆنی پێشینەیەکی دەوڵەمەندی کارکردنی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، هەر خۆیشی لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا، لە سەروبەندی جەنگی عیراق- ئێراندا، رۆڵێکی دیاری لە دروست کردنەوەی رایەڵەکانی پەیوەندیی نێوان ئەمریکاو عیراقدا هەبوو و لە سۆنگەی ئەم رۆڵە بەرچاوەوە، حکومەتی ئەمریکا خەڵاتی رێزلێنانی پێ بەخشی بوو. ریچاردۆنی لە زمانەکانی رۆژهەڵات، عەرەبی و تورکیی زانیوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ دا تێڕوانینەکان لە بارەی مەسەلەی عیراقەوە پوختتر بون و ئاراستەکە بەرەو ئەوە هەنگاوی نا کە کۆبونەوەی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لە وندسۆر لە بریتانیا ئەنجام بدرێ. لە ٧ی نیسانی ١٩٩٩دا ئەندامانی ئەنجومەنی راپەڕاندن، بە ئامادەبونی ژمارەیەك ئەندامی کۆمەڵەی گشتی وەك چاودێرو ژمارەیەك بەرپرسی ئەمریکی و پەیامنێرانی میدیاکان، لە وندسۆر کۆ بونەوە.

لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دکتۆر لەتیف جەمال رەشید و دکتۆر کەمال فوئاد ئامادەی کۆبونەوەکە بون. ئەندامەکانی تر کە ئامادەی کۆبونەوەکە بون، ژمارەیان ١٤ کەس بوو و ئەمانە بون: دکتۆر ئەحمەد چەلەبی، ئەیاد عەللاوی، عەزیز علەییان، محەمەد عەبدولجەبار شەببوت، عوقەیل تائی، عیززەت شابەندەر، هۆشیار زێباری، فەلاح نەقیب، مزەفەر ئەرسەلان، ئیحسان عەلی عەبدولعەزیز، ئەلبەرت یەلدا، ریاز یاوەر، سەلاح شێخلی و سامی عزارە مەعجون، لەوانە فەلاح نەقیب لەباتی تالب شەبیب هاتبوو کە کۆچی دوایی کردبوو، ئیحسان عەلی عەبدولعەزیز ئەندامی بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان لەباتی باوکی هاتبوو، ئەلبەرت یەلدا مافی دەنگدانی لێ سەنرایەوە چونکە پێشتر دەستی لە کار کێشابۆوە، سەلاح شێخلیش لە بنەڕەتدا مافی دەنگدانی نەبوو چونکە ئەندامی ئەنجومەنی راپەڕاندن نەبوو و وەك وتەبێژی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لەوێ بوو. نەهاتووەکان ئەمانە بون: هومام حەممودی، حامد بەیاتی، عیززەددین سەلیم، سامی عەبدولرەحمان، محەمەد محەمەد عەلی، عامر عەبدوڵڵا، عەبدولڕەزاق سافی و موحسین حسێن.

لە کۆبونەوەکەدا فرانك ریچاردۆنی قسەی کردو ئەو بەند و باوانەی رەت کردەوە کە گوایە ئەمریکا مەسەلەی روخاندنی رژێمی عیراق بە هەند وەرناگرێ و جەختی کردە سەر ئەوەی کە ئەمریکا گەرەکێتی ئۆپۆزیسیۆن گوتارێکی یەگکرتوی هاوبەشی هەبێ و ئامادەیە تەواوی پێداویستییەکانی روخاندنی رژێمی عیراق دابین بکات.

لە دانیشتنی دووەمدا دکتۆر لەتیف جەمال رەشید، ئەندامی ئەنجومەنی راپەڕاندن و نوێنەری یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان، بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان هەڵبژێردرا. پاشان لیژنەیەکی چوار کەسی بۆ دانانی کارنامەی کۆبونەوەکە لەم ئەندامانە پێك هات: دکتۆر عەزیز علەییان، عوقەیل تائی، محەمەد عەبدولجەبار شەببوت و هۆشیار زێباری.

لیژنەکە کارنامەیەکی لە سێ خاڵ دانا کە ئەمانەن:

-پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی کاتیی بەکۆمەڵ بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق بۆ رایی کردنی کاروبارەکان تا بەستنی کۆبونەوەی کۆمەڵەی نیشتمانی.

-پێکهێنانی کۆمیسیۆنێك بۆ پەیوەندیی کردن بە لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ بەستنی کۆبونەوەی کۆمەڵەی نیشتمانی.

-دابین کردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەی گشتی.

دواتر، بڕگەی چوارەم بۆ کارنامەکە زیاد کرا کە تایبەت بوو بە گفتوگۆ کردن سەبارەت بە یاسای رزگارکردنی عیراق کە ساڵی پار کۆنگرێس دەری کردبوو و واژۆی سەرۆکی ئەمریکای لەسەر بوو.

لە کۆبونەوەکەدا رەخنەیەکی زۆر لە سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن ئەحمەد چەلەبی گیرا کە هەڵەی زۆری لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقدا کردووەو داوا کرا سەرکردایەتییەکی کاتیی بەکۆمەڵ پێك بهێنرێ. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی کاتیی بەکۆمەڵدا بوو. بەرەی لایەنگری سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ لە ٩ ئەندام پێکهاتبوو، لە کاتێکدا بەرەی لایەنگری چەلەبی لە ٤ ئەندام پێکهاتبوو. لە ناوەڕاستیشدا نوێنەری پارتی نیشتمانیی تورکمان مزەفەر ئەرسەلان، بێلایەن بوو. بەپێی ئەنجامی دەنگدان، تای تەرازوی لایەنگرانی سەرکردایەتیی کاتیی بەکۆمەڵ قورستر بوو.

لە ٨ی نیساندا کۆبونەوەکە دەستی بە کارەکانی خۆی کـردەوەو بە دەنگـدانـی نهێنی ئەندامانی دەستـەی سەرکردایەتیی کاتیی هەڵبژارد. لە دە کاندیددا، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دکتۆر لەتیف جەمال رەشید زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا (١٦ دەنگ). شەش ئەندامەکەی تر ئەمانەن: هۆشیار زێباری لە پارتی دیموکراتی کوردستان (١٤ دەنگ)، ئەیاد عەللاوی لە بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانی (١٤ دەنگ)، حامد بەیاتی لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی (١٣ دەنگ)، ئەحمەد چەلەبی لە کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (١٣ دەنگ)، ریاز یاوەر لە کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق (١١ دەنگ) و محەمەد عەبدولجەبار شەببوت لە کادیرەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی (١٠ دەنگ). دەرنەچووەکان ئەمانەن: دکتۆر عەزیز علەییان لە پارتی دیموکراتی عیراق (٨ دەنگ)، مزەفەر ئەرسەلان لە پارتی نیشتمانیی تورکمان (٦ دەنگ) و ئیحسان عەبدولعەزیز لە بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان (٦ دەنگ).

کۆبونەوەکە، بە ئامادەبونی فرانك ریچاردۆنی و سیناتۆر رۆبەرت کیری، گفتوگۆی تێرو تەسەلی لەسەر یاسای رزگارکردنی عیراق کردو ئەندامانی کۆبونەوەکە بەرچاوڕونییەکی باشتریان لەم بارەیەوە پەیدا کرد.

لە گفتوگۆکاندا سەبارەت بە پێکهێنانی کۆمیسیۆنێك بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن، رێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە کۆمیسیۆنەکە لە ٨ ئەندام پێك بێت، بەڵام دەرگای فراوان کردنی بە وەرگرتنی چەند ئەندامێکی کۆمەڵەی نیشتمانی، بە کراوەیی هێڵدرایەوە. لەم سەروبەندەدا کۆمیسیۆن لەمانە پێك هات: دکتۆر لەتیف جەمال رەشید، ئەحمەد چەلەبی، ئەیاد عەللاوی، هۆشیار زێباری، نزار حەیدەر، عەزیز

علەییان، مزەفەر ئەرسەلان و محەمەد عەبدولجەبار شەببوت.

بەشداربووانی کۆبونەکە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە کۆبونەوەی داهاتوی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق لە ٧ی تەموزی ١٩٩٩ دا ببەسترێ و ڕێنوێنیی دەستەی سەرکردایەتیی کاتییان کرد شوێنی کۆبونەوەکە دیاری بکات و ئەگەر کرا، کاتەکەشی پێش بخرێ.

کۆبونەوەی وندسۆر یەکەم کۆبونەوەی فراوانی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق بوو پاش روداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کە تێیدا هێزەکانی عیراق پەلاماری هەولێریان دا، گورزێکی توندیان لە کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق وەشاند، هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لە هەولێر دەرکردو شارەکەیان رادەستی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. بایەخی کۆبونەوەکە لەوە دایە کە ژیانی بە بەر کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقدا هێنایەوەو هەوڵەکانی ئەمریکای بۆ روخاندنی رژێمی عیراق بە گوڕتر کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

*نیویۆرك (کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق).

## پاشکۆ

## دەقی یاسای رزگارکردنی عیراق

س ٢٥٢٥ (یاسای ساڵی ١٩٩٨ ی رزگارکردنی عیراق)

قۆناغی دووەمی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا

بەڕێز لۆت (بە ناوی خۆی و هەر یەك لە بەڕێز کیری، بەڕێز ماکین، بەڕێز لیبەرمان، بەڕێز هیلمز، بەڕێز شیبلی ، بەڕێز براونباك و بەڕێز کایل) پڕۆژە یاسای دووەمی هێنایە بەر باس کە دوو جار خوێندنەوەی بۆ کرا و رادەستی کۆمیسیۆن کرا.

پڕۆژە یاسا

لەپێناوی دانانی بەرنامەیەك بۆ پشتیوانی کردن لە وەرچەرخان بە لای دیموکراسیدا لە عیراق.

بەشی یەکەم: ناوە کورتکراوەکە

دەکرێ بە شێوەی یاسای ١٩٩٨ی رزگارکردنی عیراق ئاماژە بەم یاسایە بکرێ.

بەشی دووەم: بەڵگەکان

کۆنگرێس ئەمانەی خوارەوەی بۆ ساغ بۆتەوە:

١-لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ دا عیراق هێرشی کردە سەر ئێران، بەمەش جەنگێکی هەشت ساڵە دەستی پێ کرد. لەو جەنگەدا عیراق چەکی کیمیایی لە دژی سەربازە ئیرانییەکان و موشەکی بالستیکیی لە دژی شارەکانی ئێران بەکار هێناوە.

٢-لە شوباتی ١٩٨٨ دا عیراق لە چوارچێوەی شالاوەکانی ئەنفالدا سیڤیلە کوردەکانی بە زەبری زۆردارەکی راگواست و ٥٠٠٠ تا ١٨٠٠٠ کوردی کوشت.

٣-لە ١٦ ی ئازاری ١٩٨٨ دا عیراق لە شاری هەڵەبجە چەکی کیمیایی لە دژی کوردە عیراقییە سیڤیلە بەرهەڵستکارەکان بەکار هێنا کە بووە هۆی کوژرانی دەوروبەری ٥٠٠٠ کوردو پەیدابونی ژمارەیەکی زۆر منداڵی تازە لەدایکبوی شێواو کە تا ئەمڕۆ شارەکە گیری بە دەست ئەم دیاردەیەوە خواردووە.

٤-لە ٢ی ئابی ١٩٩٠دا عیراق پەلاماری کوێتی داو بۆ ماوەی حەوت مانگ داگیری کرد، ژمارەیەك هاووڵاتیی تێدا کوشت و تەنگی بەوانی تر هەڵچنی، هەر لەو ماوەیەشدا ئاگری لە چاڵە نەوتەکانی کوێت بەردا.

٥-لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیاباندا، شەڕ لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩١ دا وەستاو عیراق مەرجەکانی

راگرتنی شەڕی بەپێی بڕیاری ژمارە ٦٨٧ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (٣ی نیسانی ١٩٩١) پەسند کردو لە چوارچێوەی زۆر شتی تردا، دەبوایە پابەند بێ بە ئاشکراکردنی تەواوی بەرنامەکانی چەکی کۆکوژو رێدان بە لەناوبردنی ئەو چەکە و مل کەچ کردن بۆ چاودێری و دڵنیابون لە لەناوچونی ئەو چەکە لەسەر مەودای دور.

٦-لە نیسانی ١٩٩٣دا عیراق هەوڵێکی سەرنەکەوتوی بۆ تیرۆرکردنی سەرۆکی پێشوو جۆرج بوش دا لە کاتی سەردانی بۆ کویت لە ١٤-١٦ ی نیسانی ١٩٩٣.

٧-لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ دا عیراق ٨٠ هەزار سەربازی لە ناوچەکانی نزیك سنوری کویت جوڵە پێ کرد، بەمەش هەڕەشەی هێرشێکی دیکەی بۆ سەر کویت کرد.

٨- لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دا کەوتە ویژەی چەندەها بەرهەڵستکار، ئەویش بە یارمەتیی حزبێکی کوردی، لە کاتی هێرش کردنی بۆ سەر هەولێری پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٩-عیراق لە ئازاری ١٩٩٧ بە دواوە، لە هەوڵێکی لێبڕاوانە دایە بۆ رێگرتن لە چوونی پشکنەرە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە یونسکۆم بۆ ناو شوێنە گرنگەکان و بینینی دیکۆمێنتەکان. هەروەها لە چەند بۆنەیەکدا بۆتە مایەی هەڕەشە بۆ سەلامەتیی هەلیکۆپتەرەکانی یونسکۆم، ئەویش لە کاتی گواستنەوەی ئەندامانی تیمەکە لە ناو عیراق، سەرباری ئەوەی کە عیراق بە سوربونەوە بەردەوامە لەسەر فرتوفێڵ و شاردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە بەرنامەی چەکی کۆکوژەوە هەیە.

١٠- لە ٥ی ئابی ١٩٩٨ دا عیراق هەموو جۆرە هاوکارییەکی لەگەڵ یونسکۆم راگرت، دواتریش هەڕەشەی راگرتنی چالاکییەکانی چاودێریی درێژخایەنی کۆمیتەی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم و یونسکۆمی کرد.

١١-لە ١٤ی ئابی ١٩٩٨ دا سەرۆك کلنتۆن یاسای گشتیی ژمارە ١٠٥-٢٣٥ی واژۆ کرد کە نیشانی دەدا عیراق بە دەنگ ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی خۆیەوە ناچێ. سەرۆك داواکار بوو هەنگاوی گونجاو، بەپێی دەستورو یاسا پەیوەندیدارەکانی ئەمریکا، بنرێ بۆ ناچارکردنی عیراق بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی.

بەشی سێیەم: سیاسەتی ئەمریکا

دەبێ ئەمریکا سیاسەتی یارمەتیدانی بەرهەڵستکارانی رژێمی سەددام حسێن لە عیراق بگرێتە بەر و پشتگیریی هاتنە ئارای حکومەتێکی دیموکرات بۆ جێگرتنەوەی ئەو رژێمە بکات.

بەشی چوارەم: یارمەتی لەپێناوی گواستنەوەی عیراق بۆ دیموکراسی

أ-راسپاردن بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی: سەرۆك بۆی هەیە ئەو یارمەتییانەی خوارەوە پێشکەش بە گروپە دیموکراتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بکات کە لە بەشی پێنجەمدا دیاری کراون.

١-پەخشی ئێزگە:

أ-دابین کردنی یارمەتیی پێویست بۆ ئەو گروپانەی کە پەخشی ئێزگەو تەلەفزیۆن ئاراستەی عیراق دەکەن.

ب-بڕی ٢ ملیۆن دۆلار بۆ ئاژانسی میدیای ئەمریکا بۆ ساڵی دووەم (١٩٩٩) تەرخان دەکرێ، ئەویش لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئەوەی لەم بڕگەیەدا هاتووە.

٢-یارمەتیی مرۆیی: کۆنگرێس سەرۆك هان دەدا ئەو دەسەڵاتانە بەکار بهێنێ کە یاسای ساڵی

١٩٦١ ی یارمەتییە دەرەکییەکان پێی بەخشیوە، بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی بەو کەسانەی لە عیراق لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو گروپانەدا دەژین کە بەشی پێنجەم دیاریی کردون، بە رەچاوکردنی دابین کردنی پێداویستییەکانی ئەو کەسانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێمی سەددام حسێنەوە رایانکردووەو چونەتە ئەو ناوچانە.

ج-ئەرکی ئاگادارکردنەوە: سەرۆك ئەو کۆمیسیۆنانەی ناو کۆنگرێس کە لە خاڵی ٦٣٤ (أ)ی یاسای ساڵی ١٩٦١ی یارمەتییە بیانییەکان ناویان هاتووە، لە کارەکان ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش لانی کەم پێش ١٥ رۆژ لە کاتی هەر جێبەجی کردنێکی یارمەتییەکان بەپێی ریزبەندییەکانی ئەو بەشە، ئەویش هاوئاهەنگ لەگەڵ کاروبارەکانی پەیوەست بە ئەپدەیتکردنەوەی ئەو ئاگادارکردنانەی کە لە خاڵی ٦٣٤ (أ) دا هاتون.

ب-کۆت و بەندی سەر یارمەتیدان: هەر گروپێك لەو گروپانەی کە لە بەشی پێنجەمدا دیاری کراون، ئەگەر- لە کاتی پێشکەش کردنی یارمەتییەکەدا- هاوکاریی عەسکەریی لەگەڵ سەددام حسێندا هەبێت، لەو یارمەتییانە بێبەش دەکرێ کە لەم بەشەدا ناویان هاتووە.

د-بژاردنەوەی یارمەتییە عەسکەرییەکان:

١-بە شێوەیەکی گشتی، کەلوپەلی عەسکەری و خزمەتگوزاریی عەسکەری و مەشق و زانیاریی عەسکەریی پێشکەشکراو بەپێی برگەی (٢-أ)ی سەرەوە، بەبێ بژاردنەوەی وەزارەتی بەرگری دەبێ، مەگەر یارمەتییەکە بە قەد ئەو برە پارەو پولە بێ کە بەپێی برگەی (٢)ی پاشتر تەرخان کراوە.

٢-تەرخان کردنی پارەو پول: سەرۆك رادەسپێردرێ پارەو پول بۆ هەردوو ساڵی دارایی ١٩٩٨و ١٩٩٩ تەرخان بکات کە پێویستن بۆ بژاردنەوەی بەهای کەلوپەلی عەسکەری و مەشق و زانیاریی عەسکەریی پێشکەشکراو بەپێی برگە (٢-أ)، ئەویش بەپێی دەقەکانی برگەی ٦٤٤(ە)ی یاسای یارمەتییە دەرەکییەکان.

دابین کردنی پارەو پول:

١-ئەو پارەو پولەی بەپێی ئەم بەشە رادەسپێردرێ تەرخان بکرێ، دەچێتە سەر ئەو پارەو پولەی کە لە سەرچاوەی ترەوە دێ و بۆ ئەو مەبەستانە تەرخان دەکرێ کە لەم بەشەدا دیاری کراون.

بەشی پێنجەم: دیاریکردنی گروپە دیموکراتییە بەرهەڵستکارە عیراقییەکە.

أ-دیاریکردنی سەرەتایی: لە ماوەی ٩٠ رۆژدا پاش دەرکردنی ئەم یاسایە، سەرۆك لە ناو گروپە دیموکراتییە بەرهەڵستکارە عیراقییەکاندا، گروپێك یان زیاتر، لەوانەی کە ئەو مەرجانەیان تێدایە کە لە برگەی (ج)ی داهاتودا هاتون، دیاری دەکات و ئەو گروپانە شایستەی وەرگرتنی ئەو یارمەتییە دەبن کە لە بەشی چوارەمدا هاتووە.

ب-دیاریکردنی گروپی تر: سەرۆك پاش دیاریکردنە سەرەتاییەکەی برگەی (أ)ی سەرەوە، بۆی هەیە گروپێك یان چەند گروپێکی دیموکراتیی بەرهەڵستکاری عیراقی لەوانەی کە مەرجە دیاریکراوەکانی برگەی (ج)ی داهاتویان تێدایە، دەستنیشان بکات. ئەو گروپانە شایستەی وەرگرتنی ئەو یارمەتییە دەبن کە لە بەشی چوارەمدا هاتووە.

ج-پێوانەکانی دیاریکردنەکە: سەرۆك لە کاتی دیاریکردنی گروپەکان بەپێی ئەم بەشە، ئەو گروپانە لە بەرچاو دەگرێ کە ئەم مەرجانەیان تێدایە:

١-دەبێ لە چەندەها ئەندامی هەمەچەشنەی عیراقیی بەرهەڵستکاری دژ بە رژێمی سەددام حسێن پێك بێن.

٢-دەبێ پەرۆشی بەها دیموکراتییەکان بن، رێز

له مافەکانی مرۆڤ بگرن، پەیوەندیی ساغڵەمیان لەگەڵ دراوسێکانی عیراقدا هەبێ، یەکپارچەیی خاکی عیراق بپارێزن و پەرە بە هاوکاریی بەرهەڵستکارە دیموکراتەکانی دژ بە رژێمی سەددام حسێن بدەن.

پێویستیی ئاگادارکردنەوە: دەبێ سەرۆك، لانی کەم ١٥ رۆژ پێش دیاریکردنی هەر گروپێکی دیموکراتی بەرهەڵستکاری عیراقی بەپێی ئەم برگەیە، ئەو کۆمیتانەی کۆنگرێس کە لە بەندی ٦٤٤ (أ)ی یاسای ساڵی ١٩٦١ی یارمەتییە دەرەکییەکاندا دیاری کراون، لە پێشنیارە تازەکان ئاگادار بکاتەوە، ئەویش بەپێی رێوشوێنەکانی پەیوەست بە ئەپدەیتکردنەوەی ئاگادارکردنەوەی بەندی ٦٢٤ (أ).

بەشی شەشەم: دادگایەك بۆ تاوتوێ کردنی تاوانەکانی جەنگ لە عیراق

پشت بەست بە بەشی ٣٠١ی یاسای راسپاردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەو هەردوو ساڵی دارایی ١٩٩٢و ١٩٩٣ (یاسای گشتیی ١٠٢-١٣٨)و بریاری ژمارە ١٣٧ی ئەنجومەنی نوێنەران و بریارە هاوبەشەکانی کۆنگرێس، کۆنگرێس سەرۆك هان دەدا داوا لە نەتەوە یەککگرتووەکان بکات دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تۆمەتبارکردن و دادگایی کردن و زیندانی کردنی سەددام حسێن و کاربەدەستە فەرمییەکانی دیکەی عیراق، لەوانەی کە بەرپرسن لە ئەنجامدانی تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆسایدو پێشێل کردنی تاوانکارانەی یاسای نێودەوڵەتی، پێك بهێنێت.

بەشی حەوتەم:

لە سەروبەندی لێخستنی سەددام حسێن لە دەسەڵاتی عیراق، کۆنگرێس بە گونجاوی دەزانێ ئەمریکا پشتیوانی لە وەرچەرخانی عیراق رووەو دیموکراسی بکات، ئەویش بە پێشکەش کردنی یارمەتیی دەستبەجێ و گەورە بە گەلی عیراق و پێشکەش کردنی کۆمەکی پێویست بۆ وەرچەرخان رووەو دیموکراسی بەو حزب و بزوتنەوانەی کە ئامانجی دیموکراتییانەیان هەیەو هەروەها بە داواکردن لە قەرزدەرە بیانییەکان کە قەرزیان بە عیراق داوە، هەڵوێستێکی فرە رەهەند بۆ چارەسەرکردنی قەرزە دەرەکییەکانی عیراق بنوێنن.

تێبینی: دەقەکە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی.

## وەڕاز (شەڕ)

شەرێکە لە نێوان هێزێکی هاوبەشی کەرتی یەکی تیپی ٣٧ی شارباژێر بە فەرماندەیی محەمەد حاجی سەعید چوارتاییو مەفرەزەیەکی تیپی ٥١ی گەرمیان و نێوان هێزێکی بەربڵاوی سوپاو جاش لە١٥ی ئازاری ساڵی ١٩٨٦ لە چیای وەڕاز لە ناوچەی شارباژێر.

پێش شەڕەکە هێزەکانی عیراق بە مەبەستی هێرش کردنە سەر سنوری تیپی ٣٧ی شارباژێر، لە سورەقەڵات و خێوەتەو کێلێ کۆ کرابونەوە. بۆ ماوەی شەش رۆژ پێش دەستپێکردنی هێرشەکە، هێزەکانی عیراق گوندەکانی ناوچەکەیان تۆپباران کردو بە هۆی ئەمەوە دانیشتوانی گوندە تۆپبارانکراوەکان ناوچەکەیان بەجێ هێشت و ئاوارە بون.

پاش ئەوەی زانیاری گەیشت کە هێزەکانی عیراق بەنیازی هێرش کردنە سەر گوندی وەڕازن کە بارەگای کەرتی یەکی تیپی ٣٧ی شارباژێری لێ بوو، پانزە پێشمەرگەی سەر بە تیپی ٥١ی گەرمیان کە لەو کاتەدا لە شارباژێر بون، لە بارەگای تیپی ٣٧ی شارباژێرەوە نێردرانە گوندی وەڕازو بەم پێیە ژمارەی پێشمەرگەکان گەیشتە ٤١ پێشمەرگە.

هەر ئەو شەوە، پێشمەرگە لەسەر چیای

وەڕاز بۆسەی دانا بەڵام زۆری نەبرد دوژمن بە خەستی کەوتە تۆپباران کردنی چیاکەو لە ئاکامدا پێشمەرگەیەك لەوێ شەهید بوو.

بۆ بەیانی، لە کاتێکدا دنیا تازە خەریك بوو روناك دەبۆوە، هێزەکانی عیراق لەسێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر چیای وەڕاز: قۆڵی یەکەم لە سورەقەڵاتەوە بەشەقامی سەرەکیدا بە پاڵپشتی چەند تانکێك، قۆڵی دووەم: لە خێوەتەوەو قۆڵی سێیەم لە شیوە کوێرەوە بە پاڵپشتی جاشەکان.

پاش ئەوەی پێشمەرگەکانی ناو گوند چونە سەر چیاکەو دامەزران، هێرشی دوژمن لەسەعات ٦,٣٠ دەستی پێ کردو لەگەڵ تێکشکاندنی هەر هێرشێکدا، دوژمن لە قەڵاچوالان و تلێو سورەقەڵاتەوە تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد، چوار هەلیکۆپتەری جەنگیش بەسەر چیاکەدا دەسوڕانەوەو سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان موشەکباران دەکرد.

هێزەکانی عیراق هیچ دەرفەتێکیان بۆ ئەوە نەهێشتبۆوە کە هێزی یارمەتیدەر بۆ پێشمەرگەکانی چیای وەڕاز بچێ چونکە پێشمەرگەکان لای کوڕەداوێیان لێ گیرا بوو کەبارەگای تیپی ٣٧ی شارباژێڕی لێ بوو، جادە قیرەکەی واژەش هێزەکانی عیراقی لێ بوو.

کێشەکە لەوەدا بوو کە هێزەکەی پێشمەرگە زۆر کەم فیشەکی پێ مابوو، بۆیە وا دانرا کە هێزەکە بۆ ناو گوند بکشێتەوە و لەوێوە بچێ بۆ چەمی قوتابیان. لە کاتی کشانەوەدا زۆربەی پێشمەرگەکان کەوتنە بەر دەستڕێژو بریندار بون بەڵام توانرا ڕێگایەك بۆ دەربازبون بدۆزرێتەوە. شەڕەکە ماوەی شەش سەعاتی خایاند.

لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق ٦٥ کوژراوو ٧٠ برینداریان هەبوو. هێزی پێشمەرگە ٣ شەهیدی بە ناوی هیوا حاجی عەبدوڵڵا گرگاشێ و فایەق گەرمێنی و مەلا رەحیم هەبوو کە یەکێکیان لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕو دووانیان لە تیپی ٥١ی گەرمیان بون. دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە، هێزەکانی عیراق چونە ناو گوندەکەو هەموو خانووەکانیان تەقاندەوە. لەو پێشمەرگانەی بەشدارییان لەم شەڕەدا کردووە: عەبدوڵڵا غەفور محەمەد، جەمال گرگاشێو جەلال ماوەتی.

## وەرتێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ بە فەرماندەیی رەحمان سەیدە و هێزی پشتگیری و مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە لایەك و نێوان هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لەگوندی وەرتێ لە ڕۆژانی ٢٥و ٢٦ی ئایاری ساڵی١٩٨٨لە لایەکی ترەوە.

هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لە دۆڵی خانەقاو پردی حافز و دۆڵی شاورێ بە مەبەستی هێرش کردنە سەر سنوری تیپی ٧٨ی کاروخ کۆکرابۆوە. بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکە، هێزی پێشمەرگە بەمجۆرە بەسەر بەرەی شەڕدا دابەش بوو:

کەرتی یەکی تیپی ٧٨ی کاروخ بە فەرماندەیی رەسول قەندە بۆ سەری جاوەڵ و دێزیلە دانرا کە دەڕوانێتە سەر دۆڵی خانەقاو ڕێگای گشتیی وەرتێ- دۆڵی خانەقا، لەگەڵ دوو مەفرەزەی هێزی پشتگیری بە سەرپەرشتیی حەسەن عوسمان و عومەر حەسەن و مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

کەرتی ٢ی تیپی ٧٨ی کاروخ بە فەرماندەیی کاکە شێخ و کەرتی ٤ی هەمان تیپ بە فەرماندەیی مەلا مەحمود لە زنجیرە چیاکانی دڕەبی دانران، لەگەڵ

مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیری بە سەرپەرشتیی حەسەن حسێن. کەرتی ٣ی هەمان تیپ بە فەرماندەیی رەحمان حاجی خدر لە زینوی ئەستێرۆکان و زینوی وەرتێ دانران کە دەڕواننە سەر دۆڵەڕەقەو شاورێ.

کەرتی ٥ی هەمان تیپ بە فەرماندەیی سەلاح دیلمانی لە سنوری دەرگەڵەو کەلێتە دانران. کەرتی ٦یش بە فەرماندەیی عەبدوڵلا تەها دۆڵەڕەقی و چەند مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیری هەندێ شوێنی تریان پێ سپێردرا.

لە ٢٤ی مانگی ئایاردا دوو فڕۆکەی جەنگی بە چەکی کیمیایی گوندی وەرتێیان بۆردومان کرد. بەرەبەیانی رۆژی پاشتر هێزەکانی سوپای عیراق بە پشتیوانیی تانك و زرێپۆش و تۆپی دورهاوێژ و ژمارەیەکی زۆری جاش هێرشیان کردە سەر هەموو قۆڵەکان. هێزەکانی عیراق لەو هێرشەدا تەنها لەقۆڵی دڕەبی کەمێك پێشڕەوییان کرد، لە هەموو قۆڵەکانی تر شکان و لە قۆڵی دەرگەڵە- کەلێتە ژمارەیەك سەربازیشیان لێ بەدیل گیرا.

دوای رێکخستنەوەو سازدانی هێزەکانیان، لە ٢٦ی ئایاردا هێزەکانی عیراق هێرشێکی تریان دەست پێکرد. پاش شەڕێکی سەخت، هێزی پێشمەرگەو هێزی پشتگیری هێزەکانی عیراقیان راوناو دەستیان بەسەر چەندین پارچە چەکدا گرت. لەم شەڕەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون، یەکێکیان دلێر عەبدوڵلا تەها دۆڵەڕەقییە و ئەوی تر کادیرێکی حزبی سۆسیالیستی کوردستانە.

لەم سەروبەندەدا بۆ خۆپاراستن لە هێرشی کیمیایی، هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیەکی تاکتیکیی بۆ زنجیرە چیاکانی هەڵەمونەو گەروی مەنجەڵ و چیای کاروخ کرد. لەوێ سەرلەنوێ هێزەکان دابەش کران و بەرەیەك بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی تری دوژمن ساز کرا.

## وەسفیە بەنی وەیس



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ی گەڕەکی مەزرەعەی شاری خانەقین. لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری زەحمەتکێشە. دەرچووی ساڵی ١٩٧٥ی بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سلێمانی. هەر لەو قۆناغەی خوێندندا پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوەی کە سێ برای پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، دەزگا ئەمنییەکان لە خانەقین هەڵیان کوتایە سەر ماڵیان، دایك و باوکیان بۆ باشوری عیراق دورخستەوە، دەستیان بەسەر خانووەکەیاندا گرت و هەموو کەلوپەلەکانیان هەڕاج کرد.

ساڵی ١٩٧٦ بە مامۆستا لە کەلار دامەزرا، بەڵام لەسەر بڕیاری رێکخستن خۆی بۆ تاسڵوجە گواستەوە کە رژێمی عیراق ئۆردوگای بۆ کوردە دورخراوەکانی باشوورو ناوەڕاستی عیراق لێ دروست کردبوو. ئەوانە رێیان پێدرابوو بگەڕێنەوە بۆ کوردستان بەڵام ئۆردوگای تاسڵوجەیان وەك شوێنی نیشتەجێبون بۆ دیاری کردبون، بەمجۆرە جگە لە ئەرکی وەك مامۆستا، ئەرکی رێکخستنیشی لە تاسڵوجە بەڕێوە برد.

ساڵی ١٩٧٧ پاش دامەزراندنی رێکخراوی لەیلا قاسم بۆ رێکخستنی ژنان، لێپرسراوەتیی سەرپەرشتی کردنی یەکێ لە دوو بەشەکەی ئەم رێکخراوەی پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە چالاکییەکانی خۆی بۆ

بەغدا گواستەوەو پەیوەندیی بە جوامێر سایەمیرەوە کرد. لە سەروبەندی پێکهێنانی ڕێکخراوی «هەڵۆی سور» کە ڕێکخراوێکە ئەرکەکەی گواستنەوەی شەڕ بوو بۆ ناو ماڵی دوژمن لە بەغدا، ڕۆڵێکی دیاری لەجێبەجێکردنی ئەرکە لۆجستیکییەکانی وەك گواستنەوەی چەك و نامە لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا گێڕا.

ساڵی ١٩٧٨ لە سەروبەندی جۆش و خرۆشی هەڵاهیسانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا دژی ڕژێمی شا، سەرکردایەتی ئەرکێکی دژواری پێ سپارد، ئەویش گەیاندنی نامەیەکی تاڵەبانییە بۆ ڕابەری شیعەکانی ئێران ئایەتوڵڵا خومەینی. ئەرکەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا و نامەکە لە ڕێی ڕێکخستنەکانی بەغداوە گەیشتە دەست ئایەتوڵڵا خومەینی لە شاری نەجەف. لەو نامەیەدا کە بۆ ئیمام خومەینیی نوسیبوو، تاڵەبانی ئامادەیی یەکێتیی بۆ هەموو هاوکارییەك دەربڕی بوو، تەنانەت ئامادەیی ئەوەشی دەربڕی بوو کە ئەگەر ئیمام خومەینی بیەوێ خاکی عیراق بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە ئێران بۆ ڕابەرایەتی کردنی خەبات لە دژی شای ئێران ئەوا یەکێتی دەتوانێ بیگەیەنێتە شاری سەردەشت لە ئێران.

ساڵی ١٩٨٢ یەکەم ژن بوو لە ڕێکخستنی شارەکانەوە بەشداری لە یەکەمین کۆنفرەنسی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لەگوندی بالیسان بکا. ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو، بۆیە ڕووی کردە شاخ و هاوشانی هاوسەرەکەی، عەلی شامار، ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد.

لە کاتی دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان بۆ سەر دۆڵی جافەتی و ناوچەی مەرگە، ماوەیەك لە ناو شاری سلێمانی خۆی حەشار داو دواتر پەیوەندیی بە هاوسەرەکەیەوە کرد و لەگوندی کانی دینار گیرسایەوە. دوای دامەزراندنی یەکێتیی ژنانی کوردستان لە سەقز لە ساڵی ١٩٨٩، لەو ڕێکخراوە کاری کردو لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری «تەوار»ی ئۆرگانی ڕێکخراوەکە بە ناوی خوازراو بابەتی بڵاو کردەوە.

لە کاتی کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، ڕۆڵی دیاری هەبوو لە کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ ئاوارەکانی سەرسنورو ناو ئێران. هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ گەرمیان و بووە ئەندام لە مەڵبەندی کەرکوك. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٣- ٢٠٠٣دا لێپرسراوەتیی لقی کەرکوکی یەکێتیی ژنانی کوردستانی گرتە ئەستۆو ماوەیەکیش کارگێڕی مەڵبەندی گەرمیان بوو. ساڵی ٢٠٠٣ بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی خانەقین هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٠ لە سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو هەر ئەو ساڵە، دوای پێکهێنانی مەکتەبی شەهیدان، کرایە لێپرسراوی مەکتەبەکە.

لە ٢٥ی نیسانی ٢٠١٦دا لەسەر ڕێگای سلێمانی - دەربەندیخان بە هۆی ڕوداوێکی هاتوچۆوە گیانی لەدەستدا. ڕۆژی دواتر لە ڕێورەسمێکی شایستەدا لە خانەقین بە خاک سپێردرا.

## پاشکۆ

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی لەسەر کۆچی هەڤاڵ وەسفیە بەنی وەیس

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە مەکتەبی سیاسیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەواڵی کۆچی ناوادەی هەڤاڵی تێکۆشەر، پێشمەرگەی شاخ و شار و خەمخۆری کەسوکاری شەهیدان هەڤاڵ وەسفیە بەنی وەیس ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لێپرسراوی مەکتەبی شەهیدان رادەگەیەنێت، کە دوێنێ (٢٠١٦/٤/٢٥) بە هۆی رووداوی هاتوچۆوە لەسەر رێگای سلێمانی- دەربەندیخان گیانی لەدەست داو گەیشتە کاروانی نەمرانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

هەڤاڵ وەسفیە جگە لە تێکۆشانی سیاسیو رێکخراوەیی لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەراندا، رۆڵی بەرچاوی لە خەباتی سیاسیی ژنان و هاندانیان بۆ پەیوەستبوون بە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمانەوە هەبووە، هەروەك هاوشانی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەرەکانی بەرگری لە خەڵك و خاکی کوردستان بەشداریی کردووەو لە پلەکانی خەباتی رێکخراوەیی یەکێتیشدا پێ بەپێی پەرەسەندنی تێکۆشانەکەی تا پلەی سەرکردایەتی بەردەوام بووە و هەمیشە پەرۆشی سەرخستنی رێبازی یەکێتیی نیشتمانی و هێنانە دیی ئامانجی رەوای مافی چارەنووس بووە.

لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە و پاشان بۆتە لێپرسراوی مەکتەبی شەهیدان کە لەو ئەرکەشدا خەمخۆرانە و پێشمەرگانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدانی کردووە، بە تایبەتیش لە سەنگەری هاوسۆزی و هاوخەمی لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی بەرەنگاریی تیرۆریستانی داعشدا، هەڤاڵ وەسفیە رۆڵی پێشەنگانەی گێڕاوە.

بەم بۆنەیەوە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ناوی هەموو هەڤاڵان و تێکۆشەرانی ریزەکانی یەکێتییەوە سەرەخۆشی لە هاوسەرو هاوڕێی ژیان و خەباتی، هەڤاڵ عەلی شامارو کەسوکارەکەی دەکات کە بە داخەوە لە کارەساتەکەدا هەڤاڵ عەلی شامارو نەقیب رێبواری کوڕیشی بریندار بوون. بەم بۆنەیەوە جگە لە هاوخەمیو پەژارەمان بۆیان، هیوای زوو چاکبونەوەی برینەکانیشیان دەخوازین.

نەمری بۆ ژنە تێکۆشەر هەڤاڵ وەسفیەی شەهیدپەروەرو بۆ گشت شەهیدانی رێبازی کەم ژیان و کەڵ ژیان.

ماڵئاوا هەڤاڵ وەسفیە بەنی وەیس، یەکێتییە سەرسەختەکەی رێبازی شۆڕشی نوێو هەڤاڵ مام جەلال. یادت لە دڵی هەڤاڵان و لە دڵی کەسوکاری شەهیداندا هەمیشە زیندووە. بەهەشتی بەرین جێی حەوانەوەی یەکجارەکیتان بێت.

مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## وەسمان لەکە (شەڕ)

شەڕێکە لە٢٧ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ هێزی پێشمەرگە لەگوندی وەسمان لەکەی ناوچەی قەرە حەسەن لە پارێزگای کەرکوك لە دژی هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بەڕێوەی بردووە.

هێزی پێشمەرگە لە هێزی هاوبەشی کەرتی ٤ی جەباریی سەر بە تیپی ٥٧ی سەگرمە بە فەرماندەیی سەمەد گڵیو مەفرەزەیەکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە فەرماندەیی هاوڕێ بروا و مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیریی گوندی خاڵە بازیانی بە فەرماندەیی وەستا برایم پێکهاتبوو، پاشان لە کاتی شەڕەکەدا هێزی تر چووە پاڵ هێزی پێشمەرگەوە.

ئامانجی هێرشەکەی هێزەکانی عیراق، روخاندن و کاول کردنی گوندی وەسمان لەکە بوو. هێزەکە بە

پاڵپشتی تانك و زرێپۆش و هەلیکۆپتەری جەنگیو فڕۆکەی پیلاتۆزو فەوجی سوك و چەند گروپێکی میلیشیاکانی جەیشی شەعبی هێرشی کردە سەر گوندەکە.

لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی بەڕێ کەوتنی هێزەکانی عیراق بەرەو گوندی وەسمان لەکە، هێزی پێشمەرگە لە ناو گوندو دەوروبەری سەنگەری لێداو تا هێزەکانی دوژمن نەچونە ناو گوند تەقەیان لێ نەکرا. بۆیە هەر لە یەکەم دەستڕێژی گوللەدا، ژمارەیەکی زۆری سەرباز کوژران و چەندین پارچە چەك کەوتنە دەست پێشمەرگە.

هێزەکانی عیراق گوندەکەیان دایە بەر هاوەن. تا سەعات ١٣ هەموو هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر گوندەکە تێك شکان بەڵام فشاری دوژمن لەسەر پێشمەرگە زۆر زیاد کرد. لەدوای سەعات ١٣ وردە وردە هێزی تر بەفریای پێشمەرگەکانی ناو گوند چون. مەفرەزەیەکی سەیاح ئۆمەرە گەدەییو هێزی پشتگیریی ناوچەی جەباری خۆیان گەیاندە گوندەکەو بونە مایەی بەهێزکردنی گیانی بەرگری. وردە وردە شەڕەکە دەوروبەری گوندی تەنییەوەو هێزەکانی دوژمن هەستیان بەوە کرد کە کەوتونەتە تەپکەوە، لە ترسی گەمارۆدان لە سەعات ١٥ەوە دەستیان بە کشانەوەیەکی خێرا بەرەو لەیلان کرد.

لە ڕێگای پاشەکشەیاندا، هێزە کشاوەکان لە نزیك گوندی شوانە کەوتنە بۆسەی هێزی پشتگیریی گوندەکانی خاڵە بازیانیو حسێن ئیسلام و شێخ جێرییەوەو ژمارەیەکیان لێ کوژرا.

لەم شەڕەدا هێزەکانی عیراق ٣٨ سەربازیان لێ کوژراو زرێپۆشێك و چەند ئوتومبیلێکیان لەکار خرا. لە هێزی پێشمەرگە هاوڕێ بڕوا، لێپرساوی ناوچەی کەرکوکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق شەهید بوو، چوار پێشمەرگەش بریندار بون.

ناوێ هەندێ لەو پێشمەرگانەی کە لەم شەڕەدا بەشدار بون: کەریم باشبلاخی، کامیل ژاڵەیی، خالید خاڵە بازیانی، ئەحمەد خاڵە بازیانی، سەید عەلی جەباری، شێرزاد موەفەری.

## وەڵزێ (شەڕ)

شەڕێکی دە سەعاتییە لە نێوان پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦دا هێرشێکی فراوانی کردبووە سەر دۆڵی باڵەیان لە ناوچەی چۆمان بۆ ڕاگواستنی دێهاتەکان. پێشمەرگەکان لە نزیك گوندی وەڵزێ لێی هاتنە دەست و پاش ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت، هێزەکە بە شکاوی گەڕایەوە بۆ سەربازگەی چۆمان.

دوژمن ٧٠ سەربازو ئەفسەری لێ کوژرا، لاشەی ٣٤ سەرباز لە شەڕگە بەجێما لەوانە لاشەی سێ ئەفسەر، نزیکەی پەنجا سەرباز بریندار بوون، ٣ سەربازیش بە دیل گیران کە دواتر ئازاد کران. لەم شەڕەدا ٤١ تفەنگ و تۆپێکی هاوەن و دەزگایەکی بێتەل و هەندێ کەلوپەل دەستیان بەسەردا گیرا.

هەر ئەو ڕۆژە، هێزەکانی سوپای عیراق دوو هێرشی تریان بۆ گواستنەوەی لاشەی کوژراوەکانیان کرد، بەڵام لە هەردووکیاندا شکان. دواتر نامە بۆ فەرماندەی لیوای سەربازگەی قەسرێ نوسرا تاکو بە یارمەتیی دانیشتوانی ناوچەکە بچن لاشەی کوژراوەکانیان ببەنەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر، هێزەکانی سوپا کە وایان نیشاندا بوو بۆ کۆکردنەوەی لاشەی کوژراوەکانیان دەچن بۆ ناوچەکە، هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. پاش شەڕێکی سەخت، دوژمن ٣٥ سەربازی دیکەی لێ کوژراو ٢٠ سەربازی تری لێ بریندار بوو.

لاشـەی کـوژراوەکـان بـە خەڵکی نـاوچـەکـەدا بۆ سەربازگەی قەسریێ نێردرانەوە.

## وەڵزێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی بەربڵاوی سوپای عیراق لە ماوەی نێوان ٢٧- ٣٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ لە ناوچەی دۆڵی باڵەییان. هێزەکانی عیراق پەلاماری گوندی وەڵزێ و بەردەڕەشان و دەروکی وەلاشییان دا بەو مەبەستەی کە هەردوو گوندی وەڵزێ و وەلاشی بگرن.

هێزی پێشمەرگە بەرەیەکی دوورو درێژی پێك هێنا بوو کە لە وەڵزێ و شێخ ناسرو سەرنێلەوە تا کوێستانی میرگانێ درێژ ببۆوەو بەسەر دوو قۆڵدا دابەش کرابوو، یەکێکیان قادر خەبات سەرپەرشتیی دەکردو ئەوی تر مەحمود سەیدە. هێزەکانی عیراق سێ هێرشی بەربڵاویان لە ٢٧و ٢٨و ٢٩ی کانونی یەکەمدا کردو هیچ ئامانجێکیان بەدەست نەهێناو ژمارەیەکی زۆر کوژراوو بریندارایان لێ کەوت. لە ٣٠ی تشرینی دووەمدا هێزەکانی عیراق هێرشی چوارەمیـان کـرد و لـەوێش تێك شـکان و هێزی پێشمەرگە هێرشی چەواشەی دەست پێکردو لە ناوچەکە دەریپەڕاندن.

ئـەم شـەڕە یەکەم شـەڕی بەرەیی بـوو لە نێوان هـێـزی پـێـشـمـەرگـەو هـێـزی سـوپـای عـیـراق لە شۆڕشی نوێداو ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییانی ناوچەکە بەشدارییان تێدا کردو ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تێکشکاندنی هێزەکانی عیراقدا گێڕا. تا چوار مانگ لەم شەڕە، هێزەکانی عیراق هەر بەردەوام بـوون لـەسـەر هێرشی تاکتیکی و پـەلامـاردانـی ناوچەکە، بـەڵام نـەك بە ئـەنـدازەی شـەڕی چوار ڕۆژەکە.

## وەڵزێ (شەڕ)

شەڕێکە لە ڕۆژانی ٢٢ و ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق لەگوندی وەڵزێ و دەوروبەری.

شەو ١٩ پێشمەرگە لەگوندی وەڵزێی ناوچەی باڵەکدا بون. بەیانی لەگەڵ گزنگی خۆردا چەند پێشمەرگەیەك بۆ ئاگاداربون لە دەوروبەرەکە، بەرەو شاخ هەڵکشان. هەر ئەو شەوە هێزێکی سوپای عیراق بەخشکەیی خۆی لە چیای ماینە سور مۆڵ دابوو و هەر لەو چیایە پێشمەرگەکان و سەربازەکان روبەڕوی یەکتر بـونـەوەو دەستڕێژیان لە یەکتری کـرد. لەو تەقەیەدا دوو سەرباز کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بون.

پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە لوتکەی گابریس. پێشمەرگەکانی ناو گوندیش بە فەرماندەیی حەسەن بۆڵیو مەحمود سەیدە لە لوتکەی بـەردەسـورو نێو رەزەکانی بـەرزی رەتـان دابـەش بـون. لەگەڵ دەست پێکردنی شـەڕ، مـەفـرەزەیـەکـی دە پێشمەرگەیی لەگوندی بورانەوە گەیشتە شوێنی شەڕەکەو دواتریش نزیکەی ٥٠ پێشمەرگەی تر لە دۆڵی باڵەیانەوە بە پیر شەڕەکەوە چون.

هـەرچـەنـد هـێـزەکـانـی سـوپـا هـێـزی تـریـان لە سەربازگەی قەسرێوە بۆ چوو، بەڵام شەڕەکە سەعات ١١ بە تێکشکانی هێزەکانی عیراق یەکلا بۆوە. هێزەکانی عیراق نزیکەی ٥٥ کوژراویان هەبوو، لەوانە لاشەی ٢٥ سەرباز کەوتە بەر دەستی پێشمەرگە. لاشەی فەرماندەی هێزەکەی عیراق لەو لاشانە بوو کە کەوتنە بەر دەستی هێزی پێشمەرگە، سەرباری بە دیل گرتنی دوو سەرباز کە یەکێکیان بە هۆی سەختیی برینەکانییەوە ئازاد کرا.

ڕۆژی دواتـر، هێزەکانی عیراق کەوتنە تۆپباران

کردنی گوندی وەڵزێ و دواتر لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کرد. قۆڵی یەکەم کە هێزە سەرەکییەکە بوو، لە شەختان و نسیانەوە بەرەو لوتکەی گابریس، قۆڵی دووەم لە وەلاشییەوە بەرەو گوندی وەڵزێو قۆڵی سێیەم لە بەردە رەشەوە بەرەو وەڵزێ. پێشمەرگەکان سێ هێرشی هێزەکانی عیراقیان بۆ سەر لوتکەی گابریس شکاندو دەستیان بە ڕاونانیان کرد. هێرشەکانی دوژمن لە هەموو قۆڵەکان بەرپەرچ درانەوە.

لەم شەڕەدا زیانی دوژمن گەیشتە ٦٠ کوژراوو بریندار. هێزی پێشمەرگە کە هیچ زیانێکی نەبوو، دەستی بەسەر ٧٥ پارچە چەك و بڕێکی زۆر فیشەك و کەلوپەلی سەربازیدا گرت. هێزی پێشمەرگە یەك برینداری هەبوو، ئەمیش برینەکەی سوك بوو، کەیبانویەکی خەڵکی گوندەکەش بریندار بوو.

## وەڵزێ- قەسرێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ٧ی باڵەك و هێزێکی سوپای عیراق لەسەر ڕێگای نێوان وەڵزێ- قەسرێ لە ناوچەی چۆمان لە ٢٤ی ئابی ١٩٧٨. لە ئاکامدا چەند سەربازێك و یاریدەدەری فەرماندەی هێزەکانی قەسرێ کوژران و چەند سەربازێکیش بریندار بوون.

## هاشم شەمامكی*




کادیری ڕێکخستن و پێشمەرگەو فەرماندە. ناوی تەواوی هاشم محەمەد ئەمین جەمیل سادق. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی گوندی خەزنەی ناوچەی شەمامکی دەشتی هەولێر. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٧٧، کاتێك لە قۆناغی ئامادەیی بووە، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٨٠دا بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر. لەوێ وەك کادیر ئەرکی ڕێکخستنی پێ سپێردراوە. ساڵی ١٩٨٥ لە ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی هیراندا بە بۆمبی هێشویی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق بە سەختی بریندار بوو، بە ڕادەیەك کە لەبەر سەختیی برینەکەی، ڕەوانەی نەخۆشخانەی بەرگەڵوو کراو ماوەیەك لەوێ مایەوە. پاش پێکهێنانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ، لە سنوری تیپەکە سەرەتا وەك کادیری ڕێکخستن و دواتر وەك کادیری عەسکەری کاری کردووە. پلەکانی پێشمەرگایەتیی بە شێنەیی بڕیوە تا لە ساڵی ١٩٨٧دا کراوەتە فەرماندەی کەرتی ٦ی تیپەکەو هەمان ساڵ بۆتە جێگری فەرماندەی تیپ. لە ساڵی ١٩٨٨ لێپرسراوەتیی تیپەکەی پێ سپێردراوە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردوە لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان لە کوردستانی ئێران (١٩٨٢)و ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی گرتنی تەقتەق و دێگەڵەو سەری ڕەش و شەڕی دوانزە ڕۆژەی دۆڵی سماقوڵی لە ساڵی ١٩٨٧و شەڕەکانی بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی ئەنفالی یەکی دۆڵی جافایەتیو شەڕەکانی قۆپی جوانەگاو گەروی مەنجەڵ لە سنوری مەڵبەندی سێ لە ساڵی ١٩٨٨. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پێنج جار بریندار بووە.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا، دوای تەواوبونی ئەرکەکانی مەفرەزە پارتیزانەکەی ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود لە دەشتی هەولێر، بە پارتیزانی بۆ ناوچەکە نێردراو ماوەی چەند مانگێکی لەوێ بە پارتیزانی بەسەر برد. ساڵی ١٩٩٠ بۆ جاری دووەم ئەرکی پارتیزانیی لە دەشتی هەولێر پێ سپێردرایەوە. لە١٩ی ئەیلولی ١٩٩٠دا لەگوندی دەلوگولی ناوچەی شەمامك لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ هێزێکی گەورەی جاش و سوپای عیراقدا، خۆیو هاوڕێیەکی بە ناوی ئیسماعیل مۆرتکەیی شەهید کران.

## هاشم عومەر*



پێشمەرگەو پارتیزان. ناوی تەواوی هاشم عومەر عوسمان ناسراو بە هاشمی جیهاز. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٠ی گوندی دۆنگزاوای بناری چیای سەری رەش لە پارێزگای هەولێر. لە خوێندندا تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە.

سەرەتای هۆشیاریی سیاسیی، زۆرتر بۆ ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە، کاتێك شەڕ لە نێوان کورد و حکومەتی عیراق دەستی پێ کردەوە. لەو ماوەیەدا باوکی پێشمەرگە بووە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك لەسەر ئەوە نیە کە هاشمی کوڕیشی لەو ماوەیەدا پێشمەرگایەتیی کردووە. ساڵی ١٩٧٥ هەموو خێزانەکە بە هۆی هەرەس هێنانی شۆڕشەوە ئاوارەی ئێران بوو. هەر ئەو ساڵە، خێزانەکەی وازی لە ژیانی ئاوارەیی هێناو گەڕایەوە بۆ عیراق بەڵام ئەم گەڕانەوەیە رزگاری نەکرد لە ئاوارەیی چونکە باوکی بە خێزانەوە بۆ دیوانیەی باشوری عیراق دور خرایەوە.

ساڵی ١٩٧٨ کاربەدەستانی عیراق رێیان بە خێزانەکەی دا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. نەهامەتییەکانی شەڕی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥و دەربەدەری لە ئێران و دورخراوەیی لە باشوری عیراق، بونە مایەی جۆش سەندنی هەستی نەتەوایەتیی. هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٠ بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشت کرا. لەو ماوەیەی کە تێیدا سەرباز بوو، خولێکی فێربونی دەزگای بێسیمی بینیو دواتریش لە بەشی کۆنتاکتی بێسیم خزمەتی کرد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ دا پەیوندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە ناوچەی خۆشناوەتی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی دواتر رەوانەی گوندی وەرتێی ناوچەی باڵەکایەتی کرا کە بارەگای کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێری لێ بوو. لەوێ ئەرکی کۆنتاکتەکانی دەزگای بێسیمی پێ سپێردرا. پاش پێکهێنانی مەڵبەندەکان لە ساڵی ١٩٨٢، لە بارەگای مەڵبەندی ٣ کاری کردو لە ساڵەکانی ١٩٨٤-١٩٨٥دا لە تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٧ی قەرەچوغ پێشمەرگایەتیی کرد. لەو ماوەیەدا پلەکانی فەرماندەی مەفرەزەو جێگری فەرماندەی کەرتی بە ڕێکوپێکی بڕیوە. پاش دامەزراندنی مەڵبەندی ٤ی بادینان لە ساڵی ١٩٨٧و پاش ئەوەی کە بڕیار درا هێزێك بە فەرماندەیی ئازاد هەورامی بچێ بۆ بادینان، کرایە فەرماندەی کەرت و لەگەڵ هێزەکە چوو بۆ بادینان.

ساڵی ١٩٨٨ پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەگەڵ تیمێکی پێشمەرگەدا بۆ ماوەی ١٤ مانگ بە شێوەی پارتیزانی لە سنوری هەولێر مایەوە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە رزگارکردنی سۆران و شەقڵاوە و پیرمام و هەولێردا کردو دواتریش بەشدار بوو لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکدا.

ساڵی ١٩٩٢ کرایە فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی ١١ی سەفین و پاش یەکخستنی هێزەکان لە چوارچێوەی سوپای یەکگرتوودا، لە فەرماندەیی ناوچەی هەولێر کرایە جێگری فەرماندەی فەوج، ماوەکیش فەرماندەی تیپی بەڕانەتی بوو.

لە٣١ی ئابی ١٩٩٦دا لە کاتی هێرشی هاوبەشی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی

گاردی کۆماری عیراق، بەشدار بوو لە بەرگری کردن لە هەولێر و بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوە. لە شەڕەکاندا شەهید بوو و تەرمەکەی هەر بە شوێنبزری مایەوە.

## هاشم عەلی رەشید



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگە. ناسراو بە هاشمی سکرتاریەت. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی شاری کۆیە. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ دوا بەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراقدا، لە شارۆچکەی شەقڵاوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە و پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی  دواتردا بۆتە پەنابەر لە ئێران، ماوەیەك لە ئۆردوگای ئاوارەکانی رەبەت گیرساوەتەوەو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە.

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو پاش دوو ساڵ بڕیاریدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکاو لەم سەروبەندەدا لە بارەگای سکرتاریەتی تاڵەبانی لە ناوزەنگ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. ساڵی ١٩٨٤ لە هێزی پارێزگاریی بارەگای سکرتێری گشتی پلەی جێگری فەرماندەی کەرتی پێ دراوەو پاش دوو ساڵ بۆتە فەرماندەی کەرت و لە هەمان کاتدا لە دیوانی سکرتاریەت لێپرسراوەتیی رێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی پێ سپێردراوە. ساڵی ١٩٨٨ کراوەتە فەرماندەی تیپی پارێزگاریی بارەگای سکرتێری گشتی. هەر ئەو ساڵە لە سۆنگەی پەرەسەندنی جەنگی کیمیایی دژی کوردەوە، لەگوندی شاناخسێی ناوچەی ماوەت بەر هێرشی کیمیایی فڕۆکەکانی عیراق کەوت و بۆ چارەسەر بە پەلەپروزێ گەیەنرایە تاران.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە بارەگای سکرتێری گشتی کرایە فەرماندەی بەتالیۆن و ساڵی پاشتر بووە فەرماندەی لیوای تایبەتی بارەگاکە.

ساڵی ١٩٩٩ بووە ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لێپرسراوەتیی بەشی چاودێری و پشکنینی گرتە ئەستۆ و لە کۆتایی هەمان ساڵ لێپرسراوەتیی ئیدارەی گشتیی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠١٠ دوای دامەزراندنی یەکەکانی ٧٠ی هێزی پێشمەرگە، بە پلەی لیوا لێپرسراوەتیی ئیدارەو ژمێریاریی گرتە ئەستۆ.

لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا کردووەو لە جەنگی دژی تیرۆریش لە ساڵی ٢٠١٤ بەدواوە، وەك لێپرسراوی ئیدارەو ژمێریاری، لە بەرەکانی جەلەولا، دوزخورماتوو، داقوق و کەرکوك بەشدار بووە لە کۆششەکانی بەرپەرچدانەوەی داعش.

## هاوار جەلال مەجید*



کادیری رێکخستن و فەرماندەی کەرت. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی رانیە. خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی پێنج لە ڕانیەو پۆلی شەشی سەرەتایی و یەك و دووی

ناوەندیی لە سلێمانی تەواوکردوە. پاشان پۆلی سێی ناوەندی و چوارو پێنجی ئامادەیی لە ڕانیە تەواو کرد و ساڵی ١٩٧٦ لە کاتێکدا کە لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو، خوێندنی بۆ سلێمانی گواستەوە.

ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانەوە کردو پاش هەڵایسانی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٧٤، بوو بە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش گەڕایەوە بۆ رانیەو پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٧٦ پاش ئەوەی کە خەلیلی برای پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، دەزگا ئەمنییەکان هەڵیان کوتایە سەر ماڵیان و باوکیان گرت، خۆی و دایکی و برایەکی ناچار بوون خۆیان بشارنەوە.

ساڵی ١٩٧٧ لە کاتی چوونی مەفرەزەیەکی ئەمن بۆ خوێندنگەکەی لە سلێمانی بۆ گرتنی، فریای دەربازبوون کەوت و دواتر خۆی گەیاندە هێزی پێشمەرگەو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. لە ساڵانی ١٩٧٧و ١٩٧٨ وەك کادیری رێکخستن چالاکیی نواند و سەرپەرشتیی رێکخستنەکانی قەڵادزێ و رانیەو سەنگەسەری کردو لە هێزی پێشمەرگەش کرایە فەرماندەی مەفرەزە. ساڵی ١٩٧٩، سەرباری ئەرکەکانی وەك کادیری رێکخستن و فەرماندەی مەفرەزە، بۆ چەند مانگێك لێپرسراوەتیی گومرگی شێنێی پێ سپێردرا.

هەر ئەو ساڵە نێردرا بۆ سنوری لقی کەرکوك و ٦ مانگ لەوێ کاری رێکخستنی کردو پاشان گوێزرایەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی. لەو ماوەیەدا بەشداریی چەندین شەڕی لەگەرمیان و خۆشناوەتی و دەشتی بەستەستێن کرد. ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی کەرتی قەڵاتوکان لە هەرێمی پارێزگاری. لە راپەڕینی ساڵی ١٩٨٢ی قەڵادزێ، رۆڵێکی زۆر کارای لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکاندا گێڕا.

لە ١٠ی تەموزی ١٩٨٢دا لە بەستەستێن لە شەڕێکدا لەگەڵ جاشەکان شەهید کرا.

## هاوپەیمانی (رۆژنامە)



HAWPEYMANI

هاوپەیمانی

ژمارە: (٢٢) شەممە ١٩٩٩/١/٣٠

رۆژنامەیەکی سیاسی روناکبیرییە دەستەی کارگێڕی هاوپەیمانیی دیموکراتیی کوردستان دەری دەکات

لەیاداشتێکدا بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

پارێزگاری کەرکوك نارەزایی دەردەبڕێ

١٩٩٩/١/٢٥ بەڕێز پارێزگاری کەرکوك یاداشتنامەیەکی بۆ سکرتێری گشتی UN و ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەبیو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حزب و لایەنە کوردستانیو عێراقیەکان بەرز کردەوە.

لەم راگەیاندنەدا هاتووە رێکخراوی (UNOPS) کەلەچوارچێوەی بڕیاری (٩٨٦) لەبواری مین هەڵگرتنەوە لەکوردستاندا کار دەکات و کەبارەگای گشتی لەهەولێرە بڕیارێکی دەرکردووە کەدەبێ هەموو تیمەکانیان (٥)کم

ئۆلبرایت لە گەشتێکدا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

رۆژنامەیەکی سیاسیی روناکبیرییە دەستەی کارگێڕی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان مانگانە لە سلێمانی دەری کردووە. ئەم رۆژنامەیە گوزارشتی لە ڕاو بۆچونی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان کردووە کە بەرەیەکی سیاسییە لە٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦ لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان و پارتی پارێزگارانی کوردستان پێك هاتبوو.

ئەم رۆژنامەیە ٤٠ ژمارەی لێ دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە٢٠ی ئایاری ساڵی ١٩٩٧ دەرچووەو دوا ژمارەی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠

دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازەکەی چەتۆ حەویزییە. دوو سەرنوسەری هەیە، لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە ١٣، لە ماوەی نێوان ئایاری ساڵی ١٩٩٧و نیسانی ساڵی ١٩٩٨، شازاد ئەنوەر سەرنوسەر بووە، لە ژمارە ١٤ وە تا ژمارە ٤٠، لە ماوەی نێوان ئایاری ساڵی ١٩٩٨و تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ سەرنوسەرەکەی فەرید ئەسەسەرد بووە. جگە لە ژمارەکانی ٤٠،٣٩،٣٨،٥ کە بە چوار لاپەڕە دەرچون، هەموو ژمارەکانی تر بە٨ لاپەڕە دەرچون.

ئەم رۆژنامەیە دوای رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی»، دووەم رۆژنامەی سیاسییە کەگوزارشتی لە ڕاو بۆچونی بەرەیەکی سیاسیی کوردی باشوور کردبێ. هەلومەرجی روداوەکانی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ کە تێیدا هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی عیراق پێکەوە هێرشیان کردە سەر هەولێرو گرتیان، رەنگدانەوەی دیاری لەسەر سیاسەتی رۆژنامەکە هەیە.

نوێنەرانی حزبەکان لەم رۆژنامەیە ئەمانە بوون: شازاد ئەنوەر وەک نوێنەری بزوتنەوەی دیموکراسی خوازان، نەهرۆ هەینی وەک نوێنەری حزبی زەحمەتکێشان، مزەفەر عەبدولوەهاب وەک نوێنەری پارتی پارێزگاران، نەوزاد عەلی ئەحمەد وەک نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

رۆژنامەکە سەرکەوتوو بوو لە دیکۆمێنت کردنی هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستانەوە هەبووەو هەواڵ و هەڵوێستی لایەنە پێکهێنەرەکانی بڵاوکردۆتەوەو رۆڵێکی بەرچاوی لە چەسپاندنی گیانی تەبایی لە نێوانیاندا گێڕاوە. لە بواری رۆشنبیریشدا چەردەیەك چاوپێکەوتن و دیداری جێ سەرنجی بڵاو کردۆتەوەو تەوەرێکیشی دەربارەی پرسی مەدەنیەت ساز کردوە کە بەزنجیرە بڵاوکراوەتەوەو چەند رۆشنبیرێکی دیار بەشدارییان تێدا کردووە وەك عەبدولڕەحمان سدیق، سەباح بەرزنجی، بەهادین نوریو ناسك ئەحمەد.

ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەوانان و نوسەران بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە (جگە لە هەردوو سەرنوسەرەکە): سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵڵا، ستران عەبدوڵڵا، گۆران جەلال، کاوە محەمەد، سلێمان عەبدوڵڵا یونس، هەمزە گوڵانی، محەمەد کەریم، رامیار مەحمود، فریاد رەواندزی، نەجم عەبدوڵڵا محەمەد، ئازاد سدیق محەمەد، نەهرۆ هەینی، یاسین قادر بەرزنجی، لاوەند نەوزاد، حەسەن یاسین، محەمەد رەنجاو، خەلیل عەبدوڵڵا، بەهادین نوری، ماکۆك شێخ محەمەد، نەوزاد عەلی ئەحمەد، دکتۆر ئالان دەروێش، سەرتیپ جەوهەر، شێرزاد هەینی، ئارام عەلی عەزیز، کەژاڵ ئەحمەد، عەبدوڵڵا قەرەداغی، ئەرسەلان حەسەن، دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر.

## هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان

بەرەیەکی سیاسییە پاش رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، کە تێیدا هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی عیراق پێکەوە هێرشیان کردە سەر هەولێر، لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی پارێزگارانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان دامەزراوە.

یەکەم ئاماژە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکە بۆ راگەیەنراوی هاوبەشی ٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٦ی هەر پێنج لایەن دەگەڕێتەوە کە تێیدا جەخت کرایە سەر ئەوەی کە «کوردستانی ئازاد هێشتا لە مەترسیدایە»و باس لە پێویستیی پتەوکردنی هاوکاریی هەر پێنج لایەن «بەرەو هاوپەیمانییەکی فراوان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەڕین» کرا.

پاش راگەیەنراوەکە، لیژنەیەك بۆ دانانی پرۆژەی بەرنامەی هاوپەیمانی لە نوێنەرانی هەر پێنج لایەن پێك هات. لە ٥ی کانونی یەکەمدا نوێنەری هەر پێنج لایەن بەرنامە و بنەماکانی پەیوەندیو کاروباری ناوخۆی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستانیان ئیمزا کرد. لە پێشەکیی بەرنامەکەدا هەر پێنج لایەن جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە هاوکاریی نێوان هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی عیراق لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا «قۆناغێکی نوێی لە هاوخەباتیی هێزە نیشتمانییەکانی کوردستان دژ بەو هاوکارییە، لە پێناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، هێنایە کایەوە».

لە بەرنامەی هاوپەیمانییەکەدا لایەنە پێکهێنەرەکان جەختیان کردۆتە سەر ئەم هەشت خاڵە:

١. بەرگری لە دەستکەوتەکانی راپەڕین لەپێناوی فیدراڵیو مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵدا.

٢. چەسپاندنی دیموکراسیو دەسەڵاتی یاساو پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بە جێگیرکردنی ژیانی پەرلەمانیو فرە حزبیو ئازادیی راگەیاندن و کۆبونەوە و مانگرتن و خۆپیشاندان.

٣. کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆو دەسەڵاتی میلیشیاو بەدی هێنانی ئاشتبونەوەی گشتیو رێککەوتن لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان لە ڕێگەی وتووێژەوە.

٤. پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافیی نیشتمانی کە زەمینە خۆش بکات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ لە هەرێمدا.

٥. بەربەرەکانێی هەموو شێوەیەك لەپێشێلکاریی یاسا، بەرگری لە مافی مرۆڤ و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییان لە ڕاونان و تاڵانیو داگیرکردن لە سەرانسەری هەرێمدا.

٦. ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لە ڕێگەی گەشەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی بۆ باش کردنی باری گوزەرانی خەڵك بە لابردنی ئابڵوقەی ئابوریو دابەشکردنی داهاتی هەرێم بە شێوەیەکی رەوا.

٧. بەشداری لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە پێناوی کۆمارێکی پەرلەمانیی فیدرالدا کە ژیانی فرە حزبیو دیموکراسیو مافی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێ.

٨. پەیوەندیی دۆستانەو هاوسەنگ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی هاوبەش و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتری.

سەبارەت بە بنەماکانی پەیوەندیو کاروباری ناوخۆ، لایەنە پێکهێنەرەکان لەسەر ئەم دە خاڵە رێککەوتن:

١. پێکەوە بە ڕەزامەندیی خۆیان لە بەرەیەکی خەباتگێڕیدا کۆ دەبنەوە بە ناوی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان.

٢. سەربەخۆیی فیکریو سیاسیی هەموو حزبێك پارێزراوەو هیچ حزبێك دەست ناخاتە ناو کاروباری حزبێکی دی.

٣. بڕیار بە زۆرینەی دەنگ وەردەگیرێو ئەو حزبەی کە لەسەر بڕیارێك هاوڕا نەبێت، دەتوانێت بە هێمنیو برایانە جیاوازیی هەڵوێستی خۆی رابگەیەنێ، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر پەیوەندیو هاوخەباتی لەگەڵ حزبە هاوپەیمانەکانی تردا.

٤. بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانە، لە نوێنەری حزبەکان دەستەی کارگێڕی پێکدێت و بۆ بڕیاردانی گرنگ لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی سیاسیی حزبەکان کۆ دەبنەوە.

٥. سەرکردایەتیی سیاسی بە لای کەمەوە مانگی جارێك کۆ دەبێتەوە.

٦. حزبەکانی هاوپەیمانی لە داهاتی گشتیی وڵات بودجەیەکی مانگانەی گونجاویان بۆ دابین دەکرێت.

٧. هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان نابێتە ئەلتەرناتیڤی حکومەت.

٨. ئەو حزبانەی دەیانەوێت بێنە ناو ئەم هاوپەیمانێتییە، دەتوانن بەنوسین داخوازیی خۆیان پێشکەش بە سەرکردایەتیی سیاسی بکەن، کە ئەویش دەبێ بە نوسین لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەڵامیان بداتەوە.

٩. حزبەکانی ناو هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان بۆیان نیە بچنە ناو هیچ بەرەیەك یان هاوپەیمانێتییەکی دژ بە هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان یان دژ بە یەکێك لە حزبەکانی ناو هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان.

١٠. لایەنەکانی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان لە شەڕو ئاشتیدا پێکەوە بڕیار دەدەن.

پاش واژۆکردنی ئەو دیکۆمێنتانە، هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان لە ٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦ ڕاگەیەنرا.

یەکەم سەرۆکی دەستەی کارگێڕی هاوپەیمانی، چەتۆ حەوێزییە کە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیو لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانیو نەتەوەییەکان بوو. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩دا مستەفا چاوڕەش جێی گرتەوە.

هاوپەیمانی پەیوەندیی نێوان ئەندامەکانی یەکخست و ڕۆڵێکی دیاری لە پتەوکردنی ئەو پەیوەندییەدا گێڕا. هاوپەیمانی سەبارەت بە چەندین مەسەلە هەڵوێستێکی یەکگرتوی دەربڕیو بەیاننامەی دەرکرد لەوانە ڕاگەیاندنی هەڵوێستی سەبارەت بە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێم لە ئایاری ١٩٩٧و ئایاری ١٩٩٨دا، ڕاگەیەنراوێکیشی دەربارەی دەستگیرکردنی شەمدین ساکیك لە نزیك دهۆك لە لایەن هێزەکانی تورکیاوە بڵاوکردەوە.

سەرکردایەتیی سیاسیی هاوپەیمانی بەردەوام بوو لەسەر کۆبونەوەکانیو دوایین کۆبونەوەی لە ١٨ی ئازاری ساڵی ١٩٩٩ بەسترا.

دەزگای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی لە ڕۆژنامەی «هاوپەیمانی»و ڕادیۆی «دەنگی هاوپەیمانی»پێك هاتبوو. ڕۆژنامەکە مانگی جارێك دەردەچوو، یەکەم سەرنوسەری سەر بە بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان بوو، دووەمی سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو. ئەم ڕۆژنامەیە ٤٠ ژمارەی لێ دەرچووە، دوا ژمارەی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە. ڕادیۆکەش تا شوباتی ساڵی ٢٠٠٠ پەخشی کردووە.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، ساڵی ١٩٩٧ هێزەکانی حزبی سۆسیالیست و حزبی زەحمەتکێشان، وەك دوو ئەندامی هاوپەیمانیی دیموکرات، شانبەشانی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی، ڕۆڵێکی کارایان لە ئۆپەراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا بینی.

لە ناوەندە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا هاوپەیمانی نوێنەرایەتیی لایەنە پێکهێنەرەکانی کردو لەم ڕووەوە هاوپەیمانی لە ساڵی ١٩٩٩دا شاندێکی بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی و ئەندامەتیی هەر یەك لە قادر عەزیز، محەمەد حاجی مەحمود، بەهادین نوریو نەجات عومەر سورچی بۆ نیویۆرك نارد بۆ بەشداری کردن لە کۆبونەوەیەکی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق.

ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان لایەنە پێکهێنەرەکانی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان پاش ڕوداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە چوارچێوەی بەرەیەکی سیاسیدا شتێکی پێویست بوو، جگە لەوەی کە فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بەهێز کردنی ڕەوتی دژ بە ئاشتبونەوە لەگەڵ ڕژێمی عیراق. هاوپەیمانی

لەم چوارچێوەیەدا ئەرکەکانی خۆی لەو قۆناغەدا بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرد.

## هاوسەرۆک

دامەزراوەی سەرۆکایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە دوو هاوسەرۆك پێکدێت. ئەم سیستمە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٠ پیادە کراوە. پێشتر، بە درێژایی ماوەی نێوان ١٩٧٥-٢٠٢٠، سەرۆکایەتی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خۆی لە پۆستی سکرتێری گشتیدا دەبینێتەوە. لە روی مێژووییەوە، چەمکی سکرتێری گشتی بەندە بە دیاردەی فرە سکرتێری و فرە باڵییەوە، کاتێك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سێ باڵی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی پێکهاتبوو. هەرچەند لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە هەندێ گۆڕانکاری بەسەر سیستمی کارپێکراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هات، بەڵام سیستمەکە بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانی ریشەیی بەسەردا نەهات و پۆستی سکرتێری گشتی وەکو خۆی مایەوە. ساڵی ١٩٩٢ یەکخستنی باڵەکان لە کۆنگرەی یەکەم، کاریگەریی لەسەر مانەوەی پۆستی سکرتێری گشتی نەبوو.

یەکەم هەوڵ بۆ دەستکاریکردنی سیستمی سکرتێری گشتی، بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەگەڕێتەوە، کاتێك لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ، لە سەروبەندی خۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم، بەکارهێنانی دەستەواژەی «سەرۆك»ی لەجیاتی «سکرتێری گشتی» پێشنیار کرد، بەڵام تاڵەبانی پشتگیریی لە پێشنیارەکە نەکرد و داوای هێشتنەوەی دەستەواژەی «سکرتێری گشتی»ی کرد. هەوڵی دووەمی دەستکاریکردنی سیستمی سکرتێری گشتی بۆ ساڵی ٢٠١٩ دەگەڕێتەوە، کاتێك ئەندامانی لیژنەی پڕۆژی پەیڕەوی ناوخۆ لەسەر گۆڕینی دەستەواژەی «سکرتێری گشتی» رێك کەوتن، بەڵام لەسەر ئەلتەرناتیڤەکەی رێك نەکەوتن، چونکە بەشێکی ئەندامانی لیژنەکە پشتیوانییان لە دەستەواژەی «سکرتێر» کرد و بەشێکی تر پشتیوانییان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی «سەرۆك» کرد، بۆیە هەردوو دەستەواژەیان لە ناو پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ چەسپاند، بەو ئومێدەی کە کادیرانی حزب لە کۆنگرەی چوارەمدا مشتومڕەکە بەلایەکدا بخەن.

لە کۆنگرەی چوارەمدا، لە ساڵی ٢٠١٩، پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ بە شێوەیەکی سەرەتایی پەسند کرا، بەڵام لەبەر زۆریی تێبینی لەسەر مادده و بڕگەکانی و نەبونی کاتی پێویست بۆ چاککردنەوەی، کۆنگرە ئەرکی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی بە سەرکردایەتیی تازە سپارد.

پاش کۆنگرە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی بە سەرۆکایەتیی فەرید ئەسەسەرد پێکهێنا. لیژنەی پێداچونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ لە ١٥ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ دا دەستی بە کارەکانی کرد، لە کۆبونەوە بەراییەکاندا بابەتی سەرۆکایەتیی یەکلا کردەوە و لەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەی «سەرۆك» گیرسایەوە. نەمانی رای جیاواز لەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەی «سەرۆك»، بەربەست نەبوو لە بەردەم سەرهەڵدانی رای جیاواز لەسەر بابەتی تر، لەوانە لەسەر ژمارەی جێگرەکانی سەرۆك. بیرۆکەی ئەوەی کە سەرۆك یەك جێگر یان دووی هەبێ، بیرۆکەیەکی نمونەیی بوو، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە ئەوانەی چاویان بڕی بووە پۆستی جێگر ژمارەیان زۆر بوو. هەندێ لە گروپەکان

بە لایانەوە ئاسایی بوو سەرۆك چوار و تەنانەت پێنج جێگری هەبێ. بەڵام ئەمە، بە دڵنیاییەوە، هیچ بەهایەکی بۆ دامەزراوەی سەرۆکایەتی نەدەهێشتەوە.

لانی کەم، تا ٥ی شوباتی ٢٠٢٠ سیستمی هاوسەرۆك هیچ باس و خواسێکی لە گفتوگۆکانی نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی و ناو کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا نەبوو. لێرە بەدواوە، گۆڕانێکی دراماتیکیی خێرا بەسەر بابەتەکەدا هات و پڕۆژەی هاوسەرۆك سەری دەرهێنا. لەو ماوەیەدا هەر یەك لە بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی توانییان تێڕوانینە جیاوازەکانیان لێك نزیك بکەنەوە و تا دەهات زۆرتر لە بیرۆکەی پیادەکردنی سیستمی هاوسەرۆکی نزیك دەبونەوە. لە کۆتاییشدا لەسەر ئەم پرسە گەیشتن بە سازان.

لە ٨ی شوباتی ٢٠٢٠ دا، لە چوارچێوەی ئەو سازانەدا، ٢٨ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کۆبونەوەی ئەنجومەندا لە نوسراوێکی واژۆکراودا داوایان کرد سیستمی هاوسەرۆکی بخرێتە ئەجێندای کۆبونەوەکە. پاش تاوتوێکردنی سیستمەکە، کۆبونەوەکە بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووەکان پێشنیارەکەی پەسند کرد. هەرچەند سیستمەکە بە شێوەیەکی فەرمی پەسند کرا، بەڵام لە وردەکاریدا، هێشتا ئەوە رون نەبوو کە ئایا مەبەست لە سیستمی هاوسەرۆکی، بوونی دوو سەرۆکە یان زیاتر لە لوتکەی دەستەی جێبەجێکاردا. هۆی پەیدابونی لێکدانەوەی جیاواز بۆ سیستمی هاوسەرۆکی، زۆرتر بۆ تێکەڵاوکردنی «سیستمی هاوسەرۆکی» و «ئەنجومەنی سەرۆکایەتی» دەگەڕێتەوە.

کەمینەی نارازیی ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی، سیستمی هاوسەرۆکیی بە ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتیی سێقۆڵی دەچواند کە لە سێ سەرۆکی خاوەن دەسەڵاتی یەکسان پێکدێت و دەشێ ئەنجومەنەکە لە دکتۆر بەرهەم ساڵح و بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی پێك بێت. لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە وا لە هاوسەرۆکی تێگەیشتبون کە فۆرمێکی هەموارکراوی پێشنیارێکی پێشووە کە تێیدا وا دانرا بوو دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆك بێ و هەر یەك لە لاهور شێخ جەنگی و بافڵ تاڵەبانی جێگرەکانی بن. بۆیە، لە سایەی ئەو ئاڵۆزییەدا، دەبوایە مەسەلەکە یەکلا بکرێتەوە. لە کۆبونەوەی ١١ی شوباتی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، کۆبونەوەکە بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامەکانی، مەسەلەی هاوسەرۆکیی یەکلا کردەوە و ئەوەی بڕاندەوە کە هاوسەرۆکی بە مانای دوو هاوسەرۆك دێت نەك زیاتر.

لە ١٨ی شوباتدا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کرا. هەر یەك لە بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی خۆیان کاندید کرد و بە زۆرینەی ٩٢ دەنگ لە سەرجەمی ٩٣ی دەنگ، بە هاوسەرۆکی حزب هەڵبژێردران.

پەیڕەوی ناوخۆ بەشی پێنجەمی بۆ هاوسەرۆك تەرخان کردووە و لە ماددەی ٣٣دا هاتووە کە ئەرکی راگرتنی هاوسەنگی و کارکردن بۆ «جێبەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆ و یەکڕیزی و یەکگوتاری و یەکهەڵوێستیی سەرجەم ئۆرگانەکان» یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی هاوسەرۆکە. ماددەی ٣٤ مەرجی داناوە کە تەمەنی هاوسەرۆك لە ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێ. ماددەی ٣٥ میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی هاوسەرۆکی دیاری کردووە. ماددەی ٣٦ بوارەکانی ئامادەنەبون و دەستلەکارکێشانەوە و پابەندنەبون بە دەسەڵاتەکان و پڕکردنەوەی بۆشایی چارەسەر کردووە.

ماددەی ٣٧ بڕیاری داوە هاوسەرۆك «بەرپرسیار» بێ لە جێبەجێ کردنی بڕیار و سیاسەتەکان و رێکخستنی کاروباری دارایی و پەیوەندییەکان و

ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای سیاسیدا، هەروەك دەسەڵاتی واژۆکردنی ڕێککەوتنە سیاسییەکانی بە هاوسەرۆك داوە «لە دوای پەسەندکردنیان لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە». هەروەها ماددەی **٣٩** هاوسەرۆکی کردۆتە بەشێکی پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی.

بابەتی پەیوەندیدار:

*مەکتەبی سیاسی.

*کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## هاووڵاتیبون (پرنسیپ)

یەکێکە لە پرنسیپە سەرەکییەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەم وەك یەکێ لە ئامانجە گشتییەکان پەسند کراوە.

هاووڵاتیبون پەیوەندییەکە لە نێوان تاك و وڵاتدا کە تێیدا تاك وڵاتەکە بەنیشتمانی خۆی دەزانێ‌و لە سایەی ئەم پەیوەندییەدا هاووڵاتی هەندێ مافی چنگ دەکەوێ وەك مافی دەنگدان و مافی وەرگرتنی پۆستی گشتی‌و هەروەها هەندێ ئەرکیشی دەکەوێتە سەر شان وەك ئەرکی باجدان و بەرگری کردن لە وڵات.


لە وڵاتە دیموکراتەکاندا هاووڵاتیبون سەرباری دابین کردنی چەردەیەك مافی یاسایی‌و دەستوری‌و مسۆگەرکردنی بەشداریی سیاسیی کارا بۆ هاووڵاتییان، لانی کەمی مافی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتوریی پێویست بۆ رادەربڕینیش دابین دەکا، جگە لەوەی کەیەکێ لە مەرجە سەرەکییەکانی هاووڵاتیبون یەکسانیی هاووڵاتییانە لە ماف و ئەرکەکانداو لە بەردەم یاسادا. لە پڕۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەمدا پرنسیپی هاووڵاتیبون بە دیاردەی فرەیی کەلتورییەوە بەستراوەتەوەو تێیدا جەخت کراوەتە سەر ئەوەی کە هاووڵاتیبون لە وڵاتێکی فرە کەلتوردا بە مانای یەکڕەنگی‌و توانەوەی هەموو کەلتورەکان لە بۆتەی یەك کەلتوردا نایە. لە سێکتەری «سۆسیال-دیموکراسیی کوردستانی»دا لە پڕۆگرامدا هاتووە کە «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە حزبێکی کوردستانییە و مەیدانی کارکردنی کوردستانی عیراق و تەواوی عیراقیش دەگرێتەوە، ئەرکێکی دیکەی لە ئەستۆ دایە کە دابڕاو نیە لە ئەرکەکان تری کوردایەتی، ئەویش تێکۆشانە بۆ چەسپاندنی کۆماری دیموکراتی فیدرال و پەرلەمانیی عیراق کە بنەماکانی لە چوارچێوەی دەستوردا جێگیر بوون، چونکە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) مەیدانی عیراقیش بە بەشێك لەو مەیدانە سەرەکییە دەزانێت کە تێیدا بەرگری لە دەستکەوتە دیموکراتییەکانی گەلانی عیراق و گەلی کوردستان دەکات تا بنەماکانی هاووڵاتیبون لە عیراقدا نەبنە بنەمای سڕینەوەی ئەو جیاوازییانەی کە لە دەوڵەتە فرە نەتەوە و فرە ئاین و فرە مەزهەبەکاندا هەن، بەڵکو ببنە بنەمای هاووڵاتیبونێکی جێگیر، لەسەر بنەمای مافە مەدەنییە هاوچەرخەکان».

لە پڕۆگرامدا، لە ژێر سەردێڕی ئامانجە گشتییەکاندا، پرنسیپی «هاووڵاتیبون» وەك ئامانجێکی گشتیی تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پاش ئاشتی، دیموکراسی، ئازادی، لێبوردەیی، چەسپاندنی بنەماکانی ئابوریی بازاڕ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی‌و سەروەریی یاسا دێ.

بە هەمان پێودانگ پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەش لەڕەوتی بەسەرکردنەوەی ئامانجەکانی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا جێیەکی

شایستەی بۆ پرنسیپی هاووڵاتیبون کردۆتەوەو لە ماددەی ٢دا دەڵێ «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی سۆسیال دیموکراتە، خەبات دەکات بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیو پتەوکردنی بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی، هاووڵاتیبون، مافی مرۆڤ، مافی چارەنوس و بڕوای هەیە بە کەلتوری یەکسانیو لێبوردەیی». دەقەکە سەرباری ئەوەی کە ناوی پرنسیپی هاووڵاتیبونی بەڕونی و وەك پرنسیپێکی سەربەخۆ هێناوە، ناوی چەند پرنسیپێکی دیکەشی هێناوە کە بە ناوەڕۆك پەیوەندییان بە پرنسیپی هاووڵاتیبونەوە هەیە وەك ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، یەکسانیو لێبوردەیی.

## هۆره (گۆڤار)




گۆڤارێکی تایبەت بە مۆسیقایە. کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان دەری کردووە. بەزۆری، ئەندامانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان سەرپەرشتییان کردووە. ناوی سەرنوسەری لەسەر نیە بەڵام بە کردەوە دلێر ئیبراهیم ئەرکی سەرنوسەرییەکەی گرتۆتە ئەستۆ. دەستەی نوسەرانی لە دلێر ئیبراهیم و شوان کابان پێك هاتووەو عەبدولسەلام حەمید عەلی سەرپەرشتیاری هونەریی گۆڤارەکە بووە. خاوەنی بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارەکە سالار ئەحمەدە کەگیتارژەنی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بووە.

ئامانجی گۆڤارەکە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی مۆزیك و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی مۆزیکی بوو. بەم پێیە، گۆڤارەکە بایەخێکی شایستەی بە بوارەکانی تایبەت بە مۆسیقا داوە لەوانە سرودەکان، سەمفۆنیا، ئامێرە موسیقییەکان و هەروەها پێشمەرگە هونەرمەندە شەهیدەکانی بەسەر کردۆتەوە لەوانە عەبەی مەلا. سەرباری نوسین و ئامادەکردن، گۆڤارەکە بایەخی بە وەرگێڕانیش داوە.

ناوی گۆڤارەکە لە جۆرە گۆرانییەکی کوردەوارییەوە وەرگیراوە. چوار ژمارە لەم گۆڤارە دەرچووە. ژمارە یەك لەکانونی یەکەمی ١٩٨٥و ژمارە دوو لەئابی ١٩٨٦ دەرچووە. لەم دوو ژمارەیە یەکەمیان لە بەرگەڵوو لە چاپخانەی برایم عەزۆ چاپ کراوە و دووەمیان لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید. ژمارە ٣ ـ ٤ کە دوانەیە، لە پایزی ١٩٩٠ لە شاری سەقز لە کوردستانی رۆژهەڵات دەرچووەو لە چاپخانەی برایم عەزۆ چاپ کراوە. لاپەڕەکانی جێگیر نین. لە کاتێکدا یەکەم ژمارە ٨٤ لاپەڕەیە، ژمارەی دووەم ١٤٨ لاپەڕەیەو ژمارە ٣ ـ ٤ کە دوایین ژمارەیە ٢٣٨ لاپەڕەیە. جیاوازییەکی کەم لە قەبارەی ژمارەکاندا هەیە کەزۆرتر پەیوەندیی بە بڕینی لاپەڕەکانەوە هەیە لە چاپخانە. ئەم گۆڤارە لەتێکهەڵکیش کردنی ژیانی

پێشمەرگایەتیو هونەری مۆسیقادا بە پێشەنگ دادەندرێ.

چەند نوسەرێک بابەتیان بۆ نوسیوە لەوانە ئەرسەلان بایز، محەمەد حەمە باقی، ئاراس ئیبراهیم محەمەد، شوان کابان، فەرهاد سەنگاوی، حەمە کەریم عارف، نەجیبە ئەحمەد و دلێر ئیبراهیم محەمەد.

## پاشکۆ

## سەروتاری ژمارە ٣-٤ ی گۆڤاری «هۆرە» سەرگوزشتەی «هۆرە»و ژمارەی دوانە

لە ساڵی ١٩٨٢دا وەکو تیپی مۆسیقا کەوتبوینە بەر تاقیکردنەوەیەکی سەخت و دژوار. لە تاودا شەوانە بۆ خۆمان سەرمان دەنا بەیەکەوەو داخی دڵی خۆمان بۆ یەکتری هەڵدەڕشت و ئاواتمان دەخواست ئەو کۆسپانە بتوێنەوەو دەرفەتێکی لەبارمان دەست بکەوێ تا بتوانین هەموو تواناو ئیمکانیاتی خۆمان بۆ گەلەکەمان تەرخان بکەین. ئەو رەشەبایەی بۆ ئێمە هەڵی کردبوو، تا دەهات توندتر دەبوو. هەر چۆنێك، دەمانویست داکۆکی لە خۆمان بکەین. کۆمەڵێ کۆسپی گەورە دەهاتە رێمان و رێگای بیرکردنەوەو بەردەوامبونی لێ دەگرتین. دیارە مرۆڤ ئەگەر ژیان و گوزەرانێکی تا رادەیەك مسۆگەرو هێمنی نەبێ، جێی گومانە بتوانێ لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەی وەکو هونەرو ئەدەب، خۆی سەرقاڵ بکات.

دوو کۆسپ لەوانە هەناسەی لەبەر بڕی بوین. یەکێکیان لەوەدا خۆی دەنواند کە ئێمە داوای ئەوەمان دەکرد وەکو کۆمەڵێ هونەرمەند سەربەست بین و بە ئازادی کارە هونەرییەکان ئەنجام بدەین. بۆ بەدبەختیی ئێمە، ئەو کاتانە گێژەڵۆکەی لەقاڵبدان و ئیملاکردن لە لای هەندێ سەری کردبوو. دەربڕینی ئەو جۆرە راو بۆچونانەش وەکو گوناهێکی گەورەو بێ ئیلتیزامییەك لێك دەدرایەوە و لە کاتی گفتوگۆشدا بەوە بەربەستیان دەکردین گوایە ئەگەر یەکێتییەکی هونەرمەندان هەبێ وەکو رێکخراوێکی سەربەخۆ ئەوا ئەم کارە دەکرێ. ئەگەر نە، ئیتر هیچ. زۆر لەو هونەرمەندانەی لە شار خاوەنی هەڵوێست بون و دەیانویست هەر دەم هونەر لە خزمەتی نەتەوەو مەسەلە رەواکەیدا بێ و بە هیوای ئەوە بون ئێمە بنکەیەکی مۆسیقا لە شۆڕشدا دروست بکەین، لەم مەسەلەیە ئاگادار بون و بە هاناشمانەوە هاتون، بەڵام ئەوانیش لەوێ بێ گیروگرفت نەبون، بەڵکو هێشتا ئێمە زۆر لەوان باشتر بوین چونکە بە ئازادی دەمانتوانی راو بۆچونی خۆمان بڵێین و هەر چیمان دەویست دەمانتوانی تەعبیری لێ بکەین بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەو رژێمە دڕندەیە گیریان خواردبوو، تا دەهات رژێم فشاری زیاتری دەخستە سەریان و دەیویست ویژدانیان بکڕێ و بیانخاتە خزمەتی خۆیەوە.

وای لێ هاتبوو ئەوانەی لاواز بون کەم کەم دەیانویست بە هێنانەوەی تەبریری پڕوپوچ بچنە سەر سەرەتای ئەو رێگا پڕ لە شەرمەزارییە. بۆیە هونەرمەندان بە بێ ئەوەی رێکخستنێکیان هەبێ، مەجبور بون رۆژانە یەکتر ببینن و هەڵوێستی خۆیان یەك بخەن دژی ئەو هێرشە ناڕەوایەی رژێم. لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵێکی تر هەبوو بۆ یەکخستنی هونەرمەندان لە یەکێتییەکدا بەڵام خاوەنەکەی حزبی بەعس بێ. کاتێ ئەمە بوو بە بەرنامەیەك بۆ کارکردن، ئەو هونەرمەندانەی ئەو خەمە پیرۆزەیان هەبوو، بۆ دروستبونی رێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆی هونەرمەندانی کوردستان و ماوەیەك بوو هەوڵیان بۆ دەدا، خێراتر و گورجتر کەوتنە کارکردن و لە ساڵی ١٩٨٣دا بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانیان بڵاو کردەوەو ئێمەش بوینە

دەزگایەکی سەر بەو ڕێکخراوە، دەستمان کرد بە کارکردن و زەمینەکەش هەندێ گۆڕا بوو. ئەوە بوو هەر لەو ساڵەدا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری خۆی دەرکرد کە بریتی بوو لەوەی شۆڕش «نان و ئازادی» دابین بکا بۆ ڕۆشنبیران و ئەوانیش بەرهەمەکانیان پێشکەش بەگەل بکەن.

ئەمە لە لایەک. لە لایەکی تـرەوە هـەر وەختێ دەمانویست دادی یەئسی خۆمان لای یەکێ بکەین، هەستمان دەکرد بەرامبەر بە ئاشکرا بە سوکی روانینە مۆسیقای لێ هەڵدەوەرێ.

جا لە شەوێك لەو شەوە بێزراوانە بوو کاکە سالاری گیتاریست لە گەرمەی بێزاری دەربڕیندا وتی:

«براینە ئێمە پێش ئەوەی کاری مۆسیقا بکەین، پێویستمان بەوەیە زەمینەیەکی لەبار برەخسێنین کە ببێتە مایەی ئەوەی رێز لە مۆسیقا بگیرێ و بە چاوی سوك بۆی نەڕوانرێ. بۆ ئەمەش دەبێ رادەی هۆشی کۆمەڵ بەرز بکەینەوە، ئەوەش تەنیا بەوە دەبێ لە ڕێی گۆڤارێکی تایبەت بە مۆسیقاوە ڕۆشنبیریی هونەری بڵاو بکەینەوە، بۆیە دەڵێم لەم قۆناغەدا بونی گۆڤارێکی وا دەدەم بەسەر بونی تیپێکی مۆسیقادا».

لەولاوە برایەکی تر وتی «هەقە ئێمە کارێ بکەین لە سەنگەرەکانی تری پێشمەرگایەتیدا لێهاتویی خۆمان بنوێنین بۆ ئەوەی وا لێك نەدرێتەوە کە ئێمە لەبەر خۆدزینەوە لەو ئەرکە ئەم سەنگەرەمان هەڵبژاردووە».

هۆیەکی تریش ئەوە بوو کە ئێمە ئەوەندە نارەحەت بوین، هەر خۆمان بڕیارمان دابوو ماوەیەك واز بێنین. ئەوە بوو بڕیارمان دا بارەگاکە چۆڵ بکەین و بەرەو چارەنوسی خۆمان سەر هەڵگرین، بەڵام هەر لەوساوە ئەو باوەڕەمان بۆ دروست بوو کە بونی گۆڤارێکی وا پێویستەو دەبێ هەبێ.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٣دا تیپمان دامەزراندەوە، کەوتینە بیری ئەوەی گۆڤارەکەش تەگبیر بکەین. ماوەیەك پێشنیاری ئەوە هاتە کایە کە گۆڤارێکی هونەریی گشتی دەربکەین. بۆیە ئێمە پرۆژەکەی خۆمان دواخست بەو هیوایەی ئەو گۆڤارە لە دایك ببێ، بەڵام ئەمە سەری نەگرت. بۆیە پەنامان بردە بەر بەڕێوەبەرانی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان و داوای هاوکاریمان لێ کردن، ئەوانیش مەردانە هاتنە پێش و هەر چۆنێك بوو ژمارەیەکمان لە چاپخانەی برایم عەزۆ بە چاپ گەیاندو لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥دا دەرچوو. ئەو ژمارەیە کاك سەعدون یەدوڵلا شەفی مۆنتاجی کردو بەرگەکەیشی رەمزی قوتبەددینی هونەرمەند کێشا بووی. هەر خێرا دوای ئەمە کەوتینە خۆ بۆ ئەوەی ژمارە دوو دەربچێ. ئەوە بوو وتارەکانمان ئامادە کردو لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٨٦دا ئامادە بوو. لە نۆرەدا دامانناا بۆ چاپکردن، بەڵام بە هۆی هەندێ هۆوە هەر مایەوە تا کاتێ کاکە رزگار- کەئۆکۆردیۆنی لێ دەداو تایپ کردنیشی دەزانی- خۆی بۆ تەرخان کردو تایپ و مۆنتاج و بەرگ و تەسحیفی کردو لە ئابی ١٩٨٦دا بە ڕۆنیۆ لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید راکێشرا.

هەر لەگەڵ خۆ ئامادەکردنمان بۆ ژمارە دوو، وتارێك دەربارەی «گۆرانیبێژ» ئامادە کرابوو بەڵام بۆ ژمارە سێ دوامان خست. رۆژ هات و چوو وتارەکانی ژمارەی سێیەمیش حازر بون بەڵام دەرفەتی لەچاپدانیان هەتا دەهات تەسك دەبووەوو ئێمەش پەیتا پەیتا وتاری ترمان پێ دەگەیشت و گۆڤارەکەی دەوڵەمەندتر دەکرد، بۆیە پێمان باش بوو ئەمجارە زۆربەی ئەو باسانەی هەمانە بخەینە دوتوێی ژمارەیەکی دوانەوە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ جێیەك بگرێ لەو زەمانە درێژەی تێیدا دوا کەوتوین و وتارەکانیش لەوە زیاتر کۆن نەبن. ئەوەتا ئەم ژمارەیەی

بەردەستتان بۆتە ژمارە ٣-٤و ئەگەر دیققەت بدەین دەبینین کۆمەڵێ تایپێستی جیا لە چەند دەزگایەکی جیاواز کاریان تێدا کردووە. ئەمەش بۆ خۆی شتێ لە هۆیەکانی ئەو دواکەوتنەمان بۆ دەسەلمێنێ.

لەو ماوەیەی هەوڕەی ژمارە یەك و دوو بڵاوکراونەتەوە، زۆر لە ڕۆشنبیرو هونەردۆستان لە نامەدا بێ یان لە دانیشتندا باری سەرنجی خۆیان بۆ دەربڕیوین. ئەو تێبینییانەی لای زۆربەیان دوبارە بۆتەوە، لەم دوو خاڵەدا خۆیان دەنوێنن:

١-دەبێ گۆڤارەکە لە ئایندەدا زیاتر ئاوڕ لە مۆسیقاو گۆرانیی کوردی بداتەوە.

٢-پێویستە وەکو گۆڤارێکی هونەری وێنەو نۆتەی مۆسیقای زیاتر بگرێتە خۆ.

ئێمەش لەگەڵ سوپاس و تەقدیری زۆرمان بۆ ئەم دوو رەخنە رەوایە، هەوڵمان داوە ئەمجارە ئەوەندەی بۆمان بکرێ و دەسەڵاتمان بەسەردا بشکێ، ئەو کەمایەتییانە بەرکەنار بکەین و لێیان دور بین. لە کۆتاییدا هیوادارین لە باری سەرنجی خۆتان بێبەشمان نەکەن.

## هۆشیار عەبدولکەریم زێدبەگی*



پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستن. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری هەولێر. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە و دواتر لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوەو لەوێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٧٨ چۆتە ریزی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوەو لە زانکۆی سلێمانی وەك کادیرێکی ئەم ڕێکخراوە کاری کردووە. ساڵی ١٩٨٠ دوای تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆی سلێمانی، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە و هەر ئەو ساڵە بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر.

سەرەتا لە سنوری دەشتی هەولێر پێشمەرگایەتیی کردووە و لەوێ کراوە بە ڕابەری سیاسی و پاشان ئەرکی ڕێکخستنی پێ سپێردراوە. دواتر ئەرکی ڕێکخستنی لە سنوری تیپی ١٢ی سۆران گرتۆتە ئەستۆو لەو ماوەیەدا توانیویەتی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ جوتیاران و پێشمەرگە و کادیرەکانی سنوری تیپەکە دروست بکا.

ساڵی ١٩٨٧ پاش تەواوکردنی خولێکی تایبەت بەچەکی قورس، لە سنوری مەڵبەندی سێ کرایە بەرپرسی دەستەی موشەکی گراد کە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا بە موشەکی تۆڵە ناسراوە. بەهاری ساڵی ١٩٨٨ یەکەی موشەك ڕۆڵێکی کارای لەتۆپباران کردنی هێزەکانی عیراقدا بینیوە کە لەو کاتەدا هێرشێکی بەربڵاویان کردبووە سەر سنوری مەڵبەندی سێ.

هاوینی هەمان ساڵ پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندی سێ بۆ سەر سنور، لێپرسراوەتیی ڕێکخستنەکانی سنوری تیپی ٨٥ی بەڕانەتیی پێ سپێردرا. تا کۆتایی ساڵ بە شێوەی پارتیزانی لە ناوچەکەدا مایەوە و توانی تەونێکی بە هێزی ڕێکخستن دروست بکات.

لە٩ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨دا لە کاتێکدا کە لەگەڵ هاوەڵێکی بە ناوی نامیق سدیق مەلا لە دەوروبەری کۆڕێوە بەرەو ناوچەی بەڕانەتی بەرێ کەوتبوون، لە نزیك ئۆردوگای زۆرەملێی

شاوێس کەوتنە بۆسەی مەفرەزەیەکی تایبەتی ئەمنی هەولێرەوە. هەردوکیان لە بارەگای ئەمنی هەولێر بە شێوەیەکی دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵدا کرا. سەرەڕای مامەڵە دڕندانەکە، هەردوکیان هیچ نهێنییەکی رێکخستنەکانیان نەدرکاند. کەسوکاری هۆشیار، باوك و دایك و خوشك و براکانی، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کران، لە کوردستان دور خرانەوە و بۆ ماوەی حەوت مانگ لە شاری سەماوەی ناوەندی پارێزگای موسەننا لە باشوری عیراق دەستبەسەر کران.

فاکتەکان نیشانیان داوە دەستگیرکردنی هەر یەك لە هۆشیار و نامیق دەستی نۆکەرێکی دەزگا ئەمنییەکانی تێدا بووە. هۆشیارو نامیق تا هاوینی ساڵی ١٩٨٩ لەگرتوخانەی ئەمنی هەولێر بون. لەوە بەدواوە هیچ ئاسەواریان نەماو بە شێوەیەکی تەمومژاوی ون بون.

## هەرتەل (شەڕ)

پێکدادانێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی گەورەی سوپای عیراق کە لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٧٧ هێرشی هێنابووە سەر گوندی هەرتەل لە ناوچەی ڕانیە بە مەبەستی ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکە. پێشمەرگەکان لە هێزەکەیان دا. شەڕ دوو سەعاتی خایاندو دوژمن بە شکاوی گەڕایەوە.

## هەرێمەکان

یەکەی جوگرافین، بۆ رێکخستنی چالاکیی پێشمەرگانە پێك هێنراون و بە هۆیانەوە کوردستان بەسەر حەوت هەرێمدا دابەش کراو لەسەر ئەم بنچینەیە سیستمی هەرێمەکان لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧- ١٩٨٢ کاری پێ کرا. پێشتر پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان کە کۆمیتەی سەرکردایەتیی دەستە چەکدارەکان لە حوزەیرانی ١٩٧٦ داینابوو، کاروباری پێشمەرگایەتیی رێك خستبوو. لەو پەیڕەوەدا هیچ پێوەرێکی جوگرافی بۆ دیاری کردنی قەڵەمڕەوی هەڵسوڕانی دەستە چەکدارەکان دیاری نەکراوە.

مێژوی پێکهێنانی هەرێمەکان بۆ یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگەڕێتەوە کە ساڵی ١٩٧٧ لە ناوچەی برادۆست بەستراوە. لەو کۆبونەوەیەدا کوردستان بەسەر حەوت هەرێمدا دابەش کراو هەر هەرێمێك فەرماندەو جێگرێکی بۆ دانرا.

ئەو پێوەرانەی کە لە دابەش کردنی کوردستان بەسەر چەند هەرێمێکدا پیادە کراون زۆر رون نین و پشت بە هیچ بنچینەیەکی دیاریکراو نابەستن. سنوری نێوان هەرێمەکانیش بە چاکی دیاری نەکرا بوو. ئەو هەرێمانەی بە پێی بڕیارەکانی کۆبونەوەکەی برادۆست پێك هێنران ئەمانەن:

-هەرێمی بادینان بە فەرماندەیی حسێن بابە شێخ.

-هەرێمی هەورامان بە فەرماندەیی تاهیر عەلی والی.

-هەرێمی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی سەعدی عەزیز.

-هەرێمی شارباژێڕ بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا.

-هەرێمی دەشتی کەرکوك بە فەرماندەیی ئەنوەر مەجید سولتان.

-هەرێمی قەرەداغ بە فەرماندەیی عومەر عەبدوڵڵا.

-هەرێمی خۆشناوەتی بە فەرماندەیی سەید کاکە.

هەرێمەکان بەسەر سێ باڵەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، واتە کۆمەڵەی رەنجدەرانی

کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی، دابەش کران. بەپێی ئەم دابەشکردنە سێکوچکەییە، هەرێمەکانی شاربازێڕو دەشتی کەرکوك و قەرەداغ بە نوێنەرانی کۆمەڵە دران و هەرێمەکانی هەورامان و دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی بە نوێنەرانی بزوتنەوەی سۆسیالیست دران، لە کاتێکدا هەرێمی حەوتەم کە هەرێمی بادینان بوو بە نوێنەری هێڵی گشتی درا.

پشت نەبەستن بە پێوەری دیاریکراو لە پێکهێنانی هەرێمەکاندا، لە هەندێ رووەوە یەکەی هەڕەمەکیی لێ کەوتەوە. لە کاتێکدا هەموو بادینان کە پانتاییەکەی بەسەر هەردوو پارێزگای دهۆك و نەینەوادا دابەش کراوە، یەك هەرێمی لێ پێك هێنرا، لە پارێزگای سلێمانی سێ هەرێم، لە پارێزگای هەولێر دوو هەرێم و لە پارێزگای کەرکوك یەك هەرێم پێك هێنرا. سنوری هەرێمەکانیش رون نەبوو و سنوری هەندێکیان تێکەڵ بە سنوری جوگرافیی هەندێ هەرێمی تر دەبوو. بە شێوەیەکی گشتی، ناوی هەرێمەکان بە رونی گوزارشتی لە سنوری هەرێمەکان نەدەکرد. لەم سەروبەندەدا هەرێمی هەورامان، شارەزورو پێنجوێنیشی گرتۆتەوە. هەرێمی دەشتی هەولێر، دەشتی کۆیەشی گرتۆتەوە. هەرێمی قەرەداغ، گەرمیانیشی گرتۆتەوە. هەرێمی خۆشناوەتی، باڵەکایەتیشی گرتۆتەوە. ئەمە نیشانی دەدا کە سنوری هەرێمەکان زۆر فراوان بووەو قەڵەمڕەوێکی بەربڵاوی گرتۆتەوە.

بە هۆی فراوانیی روبەری هەرێمەکانەوە، لە ساڵانی دواتردا بیر لەوە کرایەوە کە هەرێمەکان بچوك بکرێنەوەو لە هەر هەرێمێك چەند هەرێمێکی تر دروست بکرێ.

هەر یەکێ لەو هەرێمانە دەسەڵاتێکی فراوانی لە بواری بەڕێوەبردن و کاروباری عەسکەری و کۆمەڵایەتی و دارایی‌دا هەبوو، فراوانیی سنوری هەرێمەکان و زۆریی دەسەڵاتی فەرماندەی هەرێمەکان، یارمەتیی ئەوەی نەدەدا سەرکردایەتیی ناوەندیی سیاسی- عەسکەری بەرنامەو پلانەکانی خۆی، بەو جۆرەی کە پێویستە، لە هەرێمەکان جێبەجێ بکا. سەرباری ئەوەی کە بونی یەکەی گەورە هۆیەکی یارمەتیدەر بوو بۆ لاوازبونی دیسپلین و رەخساندنی دەرفەت بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان.

لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە، بەرنامەیەك بۆ گۆڕینی سیستمی هەرێمەکان دانراو بەرنامەکە بە شێنەیی جێبەجێ کرا. قۆناغی یەکەم، بە سێ هەنگاو جێبەجێ کرا. لە هەنگاوی یەکەمدا یەکەیەك بە ناوی قوەت یان هێز لە هەندێ هەرێم پێك هێنرا کە ئەمەش سەرەتای بچوك کردنەوەی پانتایی و دەسەڵاتی هەرێمەکان بوو. لە هەنگاوی دووەمدا لە هەندێ هەرێم هەرێمی تر دروست کرا و لە هەنگاوی سێیەمدا لە ساڵی ١٩٨٢ دا هەموو هەرێم و قوەتەکان هەڵوەشێنرانەوە، قوەتەکان کران بە تیپ و لە هەر هەرێمێك چەند تیپێك پێك هێنران. لە قۆناغی دووەمدا، بۆ هێنانە دیی جۆرە سازانێك لە نێوان پرنسیپی ناوەندێتی و پرنسیپی دەسەڵاتی لۆکال، لە کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کە لە ئابی ١٩٨٢ لە ناوزەنگ بەسترا، لە رەوتی گفتوگۆکاندا بۆ داهێنانی فۆرمی گونجاوتر بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی شۆڕش، پرنسیپی کەمکردنەوەی ناوەندێتی و زیادکردنی دەسەڵاتی ناوچەکان پەسند کراو لەم چوارچێوەیەدا بڕیار درا دامەزراوەیەك بە ناوی مەڵبەندەوە پێك بهێنرێ.

لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، چوار مەڵبەند لە کوردستان دامەزران کە لە لایەك بە کردەوە جێی هەرێمەکانیان گرتەوەو لە لایەکی ترەوە ئەزمونێکی مۆدێرنترو پێشکەوتوترو سەرکەوتوتریان پێشکەش کرد.

ئەو مەڵبەندانە سەرکردایەتیی سیاسی- عەسکەری، دارایی، دادگاو راگەیاندنی خۆیان هەبوو و لە هەرێمەکان باشتر سیاسەتی ناوەندیی سەرکردایەتیی سیاسی- عەسکەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان جێبەجێ کرد. ئەندازیاری پڕۆژەی هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و پێکهێنانی تیپەکان و دامەزراندنی مەڵبەندەکان، نەوشیروان مستەفا بوو کە بە ئەزمون بۆی دەرکەوتبوو بونی یەکەی گەورە لەگەڵ هەلومەرجی کوردستاندا ناگونجێ.

بابەتی پەیوەندیدار:

*برادۆست (کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی).

*کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

*قوەت.

*مەڵبەندەکان.

*پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان.

## پاشکۆ

### هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (۱۹۷۷-۱۹۸۲)

۱-هەرێمی ۸ ی دەشتی هەولێر (۱۹۷۷)*.
۲-هەرێمی ٥ی قەرەداغ (۱۹۷۷)*.
۳-هەرێمی ۷ی باڵەك (۱۹۷۹).
٤-هەرێمی ۳ ی شارباژێڕ (۱۹۷۷)*.
٥-هەرێمی ٤ ی دوکان (۱۹۷۸).
٦-هەرێمی ۱ ی هەورامان (۱۹۷۷)*.
۷-هەرێمی ۹ ی بەمۆ (۱۹۸۰).
۸-هەرێمی ۲ ی کەرکوك (۱۹۷۷)*.
۹-هەرێمی ٦ ی پشدەر (۱۹۷۷).
۱۰-هەرێمی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی (۱۹۷۸).
۱۱-هەرێمی ۱۲ی سۆران (۱۹۷۹).
۱۲-هەرێمی خۆشناوەتی (۱۹۷۷)*.
۱۳-هەرێمی بادینان (۱۹۷۷)*.
۱٤-هەرێمی ۱٤ی ئاکۆ (۱۹۸۱).
۱٥-هەرێمی پێنجوێن (۱۹۷۸).
۱٦-هەرێمی چەمی رەزان (۱۹۷۷).

*نیشانەی ئەستێرە ئاماژەیە بۆ هەرێمە بەراییەکان کە لە کۆبونەوەی برادۆست بڕیاری پێکهێنانیان دراوە.

*ساڵی ناو کەوانەکان ساڵی دامەزراندنی هەرێمەکەیە.

*هەرێمە بێ ژمارەکان هەر لە بنەڕەتدا ژمارەیان بۆ دانەنراوە.

*مەبەست لە هەرێمی پارێزگاریی مەکتەبی سیاسی، ئەو هێزەیە کە ئەرکی پاراستنی ناوچە و بارەگاکانی سەرکردایەتیی پێ سپێردراوە.

*هەرێمی ٤ ی دوکان لە سەرچاوەکاندا بە ناوی جیاواز ناوی دێ وەك هەرێمی ٤، هەرێمی ٤ ی دوکان و هەرێمی ٤ ی دوکان و دۆڵی جافەتی.

*هەرێمی ۲ ی کەرکوك لە سەرەتادا بە هەرێمی دەشتی کەرکوك ناسرا بوو.

## هەرێم کەمال خورشید



ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. لەدایکبووی ساڵی ۱۹٦٦ی گوندی ئیفراز لە ناوچەی بەڕانەتی. ساڵی ۱۹۸۰ خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی ئیفراز

و ساڵی ١٩٨٣ قۆناغی ناوەندیی لە ناوەندیی برایەتی تەواو کردوە و پۆلی چوارو پێنجی لەئامادەیی کوردستان لە هەولێر خوێندوە.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٨٥ بووە پێشمەرگە لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی چیای کێشکەو بەری خاڵخالان و ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی وەك داستانی رزگاری و گرتنی شارۆچکەی تەقتەق (١٩٨٧) و گرتنی سەری رەش (١٩٨٨). پاش پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور لە ساڵی ١٩٨٨ بە هۆی جەنگی کیمیایی و شاڵاوەکانی ئەنفالەوە، بۆ ماوەی پێنج مانگ لە ناوچە چۆڵکراوەکان بە شێوەی پارتیزانی مایەوە.

لە ساڵی  ١٩٨٩ دا وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا بەڵام بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندیی لەگەڵ رێکخستنە نهێنییەکان و هەماهەنگی لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکان، ئەمەش وای لە دەزگا ئەمنییەکان کرد بۆ ماوەی سێ مانگ دەستگیری بکەن بەڵام لە کۆتاییدا هیچیان لەسەری پێ ساغ نەکرایەوە.

لە کاتی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشدارییەکی کارای هەبوە، بە تایبەتی لە رزگارکردنی ناحیەی خەباتدا. پاش راپەڕین کرایە فەرماندەی تیپ.

ساڵی ١٩٩٣ لە سوپای یەکگرتوی کوردستان کرایە جێگری فەرماندەی فەوجی ٥ی لیوای ٣١و لە ساڵی  دواتردا کرایە فەرماندەی هێزی ١٢ی بەڕانەتی لەفەرماندەیی هێزەکانی هەولێر. ساڵی ١٩٩٥ کرایە جێگری فەرماندەی لەشکری ١٥ی قەرەچوغ. هەر ئەو ساڵە لە خولی ١ی فەرماندەیی لە قەڵاچوالان دبلۆمی لە زانستی سەربازی بەدەست هێنا. ساڵی ١٩٩٧ کرا بە فەرماندەی لەشکری ٢ی تایبەت و لە ساڵی ٢٠٠٢دا کرا بە فەرماندەی فەرماندەیی بەڕانەتی.

ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادیی عیراق، لە قۆڵی گوێر- موسڵ بەشداریی لە پرۆسەکەدا کردو دواتر کرا بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی رۆژئاوای هەولێر. هەر ئەو ساڵە بەشداریی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای شەشی وێژەییدا کردو بە سەرکەوتوویی لێی دەرچوو.

دواتر بەشداریی لە دامەزراندنی مەڵبەندی ٧ی رێکخستنی موسڵدا کردو بە جێگری لێپرسراوی مەڵبەند دانرا. ساڵی ٢٠٠٦ لێپرسراوێتیی مەڵبەندی بەڕانەتیی پێ سپێردرا و ساڵی ٢٠٠٧ وەك لێپرسراوی مەڵبەندی ٧ی رێکخستنی موسڵ گوێزرایەوە بۆ موسڵ. ساڵی ٢٠٠٨ دەستی بە خوێندن کرد لە کۆلێجی یاسای زانکۆی ئێوارانی دیجلە لە هەولێر. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا وەك لێپرسراوی مەڵبەندی ٤ی رێکخستنی بادینان بۆ دهۆك گوێزرایەوە.

لە هەڵبژاردنی ١٢ی ئایاری ٢٠١٨ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا، سەرۆکایەتیی لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە پارێزگای هەولێر کردو دواتر بە ئەندامی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی هەولێر، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

# هەڤاڵ کوێستانی



پێشمەرگە و نوسەر و شاعیر. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی میرزا رۆستەمی بناری چیای کۆسرەت. خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی چوارقوڕنە تەواو کردووە. دوو ساڵی یەکەمی قۆناغی ناوەندیی لە سلێمانی خوێندووەو دواتر لە ڕانیە قۆناغی ناوەندیی تەواو کردووە، هەر لەوێش پۆلی چوار و پێنجی ئامادەیی خوێندووە و پاشان پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە و دواتریش لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە.

لە ساڵی ١٩٧١دا پەیوەندیی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە و لەم ڕێیەوە بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵام مانەوەی لە ناو پارتی زۆری نەخایاند چونکە لە ساڵی ١٩٧٣دا لە سۆنگەی مەسەلەیەکەوە کە پەیوەندیی بە ئازادیی دەربڕینەوە هەیە، وازی لە پارتی دیموکراتی کوردستان هێنا.

ئەزمونی لە بواری نوسین و شیعردا بۆ ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە. لەو ساڵەدا یەکەم بەرهەمی شیعری لە ئێزگەی «دەنگی کوردستانی عیراق» خوێندرایەوەو لە ساڵی دواتردا هۆنراوەیەکی لەگۆڤاری «بەیان» بڵاو کرایەوە.

ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردوەو لەو ماوەیەدا رۆڵێکی کارای لە ڕێکخستنەکاندا وەك کادیرێکی هەڵسوڕاو گێڕاوە.

ساڵی ١٩٧٩ بە وێستگەیەکی گرنگی ژیانی دادەندرێ. ئەم ساڵە چوار رووداوی گرنگی لە خۆ گرتووە. لەو ساڵەدا کتێبێکی بە ناونیشانی «ئافرەت و ژانی لەدایکبونێکی نوێ» بڵاو کردەوە کە تێیدا راو تێڕوانینە پێشکەوتنخوازییەکانی سەبارەت بە کەیسی ژنان و رۆڵیان لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا نمایش کردوە. ئەم کتێبە لە ناوەندە رۆشنبیرییەکاندا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. هەر لەو ساڵەدا بەشداریی لە فیستیڤاڵی دووەمی شیعری کوردیدا کرد کە بە بەشداریی ٣٠ شاعیر لە سلێمانی بەڕێوە چووە. هەر لەو ساڵەشدا خوێندنی لە بەشی زانستی خاکی کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی تەواو کرد و زۆری نەخایاند پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە سنوری هەرێمی ٥ی قەرەداغ بووە پێشمەرگە.

لەوێوە گوێزرایەوە بۆ بارەگای دەزگای راگەیاندنی ناوەندی لەگوندی زەڵێ. لە ڕێی نوسینەکانییەوە کە لەبڵاوکراوەی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» و رۆژنامەی «ڕێبازی نوێ» و گۆڤاری «کۆمەڵە» بڵاو کراونەتەوە، بەشدارییەکی کارای لە بڵاوکردنەوەی بەهاو نەریتە شۆڕشگێڕییەکاندا کرد.

سەرباری کارکردنی لە دەزگای راگەیاندن، لە ساڵی ١٩٨٠دا رۆڵێکی دیاری لە دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کوردستاندا گێڕا. دواتر وەك ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «پێروو» کە یەکێتیی نوسەرانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨١دا دەری کردووە، کاری لەو گۆڤارەدا کرد و هەر خۆیشی ئەو ناوەی بۆ پێشنیار کردوە. دواتر، لەگۆڤاری «نوسەری کوردستان» دا وەك ئەندامی دەستەی نوسەران کاری کرد. هەمان ساڵ نامیلکەیەکی ٤٠ لاپەڕەیی بە ناونیشانی «دەربارەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان» بڵاوکردەوەو تێیدا بیر


و بۆچونەکانی خۆی دەربارەی پێویستیی بونی حزبێکی کرێکاریی شۆڕشگێڕ بۆ رابەرایەتی کردنی بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی کورد نمایش کرد.

ساڵی ١٩٨٢ گوێزرایەوە بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ناوزەنگ و لەگەڵ چەند کادیرێکی دیکەدا لە دەزگای رۆشنبیریی کۆمەڵەدا کاری کرد.

ساڵی ١٩٨٣ گەڕایەوە بۆ دەزگای راگەیاندنی ناوەندی و لە سەرشیو لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی بەشی کرمانجیی خوارووی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی گرتە ئەستۆو هەر ئەو ساڵە کرایە ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن.

لەو ماوەیەدا هەوڵێکی زۆری بۆ تێکهەڵکێش کردنی وێژەو شۆڕش داوەو لەم سەروبەندەدا چەند بەرنامەیەکی هەفتانەی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە بەرگەڵوو پێشکەش کردوە لەوانە بەرنامەکانی «لە سەنگەری ئەدەبەوە» و «سەردانی دێهاتە راگوێزراوەکان»و «فەرهەنگی سیاسی»، سەرباری نوسینی وتاری سیاسی بە شێوەیەکی رۆژانە. هەر لەو ماوەیەشدا هەندێ لە شیعرەکانی کراون بە سرودو هەر یەك لە ئازاد خانەقینی و شوان کابان وتوویانەتەوە.

ساڵی ١٩٨٥ لە سۆنگەی پەرەسەندنی کێشەو ململانێکانی ناو کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە، بێلایەنیی هەڵبژارد، وازی لە لێپرسراوەتییەکانی هێناو لەگوندی مەرگەی بناری چیای ئاسۆس گیرسایەوە. پاش پەرەسەندنی جەنگی کیمیایی و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور لە ساڵی ١٩٨٨، چووە دیوی ئێران و سەرەتا لە ئۆردوگای کانی دیناری نزیك شاری مەریوان نیشتەجێ بوو. دواتر ماڵی گواستەوە بۆ سەقزو لەوێ لەگەڵ یەکێتیی نوسەرانی کوردستان کاری کردو لەم سەروبەندەدا




بەشدار بوو لە درێژەدان بە دەرکردنی گۆڤاری « نوسەری کوردستان» کە لەو ماوەیەدا سێ ژمارەی لە سەقز لێ دەرچووە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ ئێرانی بەجێ هێشت و چوو بۆ بریتانیا. لەوێ درێژەی بە چالاکییە رۆشنبیرییەکانی داو لەگەڵ ژمارەیەك مافپەروەر و رۆشنبیر بەشدار بوو لە پێکهێنانی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردو لەگەڵ چەند نوسەرێکیش بەشدار بوو لە کردنەوەی لقی بریتانیای یەکێتیی نوسەرانی کوردستان.

ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ چەند کادیرێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا رەوتێکی بۆ بەرەنگاریی گەندەڵی و بڵاوکردنەوەی کەلتوری چاکسازی دروست کرد. دواتر رەوتەکە گروپێکی بە ناوی رەوتی گۆڕینی دیموکراتی (رەگ) لێ کەوتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا پاش راگەیاندنی بزوتنەوەی


گۆڕان پەیوەندیی پێوە کرد. لە ساڵی ٢٠١٠دا لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٧ بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناونیشانی «ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەموان بوو» بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا زمانی هۆنراوە و زمانی سیاسەتی تێکهەڵکێشی یەکتری کردووە و لە شێوازی مامەڵە لەگەڵ رابردوو پێوەری رەخنەگرانە و تەکنیکی شیکردنەوەی بەکارهێناوە کە ئەمەش وایکردوە کتێبەکە لە ناوەندە رۆشنبیرییەکاندا پێشوازییەکی باشی لێ بکرێت.

بابەتی پەیوەندیدار:

* پێروو (گۆڤار)

## هەکاری (ئۆپەراسیۆن)




دەستەواژەیەکە لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بۆ ئاماژەکردن بۆ لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی هێزێکی گەورەی یەکێتی لە ساڵی ١٩٧٨ لە ناوچەی هەکاریی تورکیا بەکار دەهێنرێ. لە مانگی نیساندا لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە نۆکان، بڕیار لەسەر سێ مەسەلەی گرنگ درا. یەکێکیان دانانی بارەگای سەرکردایەتی بوو لە ناوچەی سێ سنوری عیراق- تورکیا- ئێران و ئەویتر ناردنی هێزێکی گەورەی پێشمەرگە بوو بۆ سەر سنوور بۆ وەرگرتنی بڕێکی زۆری چەك کە نیاز وابوو لە قامیشلۆوە لە سوریا بەناو تورکیادا بگاتە ناوچەی برادۆست. سێیەمیان، بەهێزکردنی هەرێمی بادینان کە حسێن بابە شێخ فەرماندەی بوو.

بەم پێیە بڕیار درا هێزەکە بکرێ بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەم ٣٠٠ پێشمەرگە زیاتر بوو، نزیکەی نیوەی چەکدار بوو، وا دانرا کە لە١٩ی نیسانی ١٩٧٨ بەڕێ بکەوێ و لە سەرەتای ئایار لە ناوچەی برادۆست جێگیر بێ. سەرکردەکانی ئەم بەشە لە خالید سەعید ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حسێن بابە شێخ فەرمانداەی هەرێمی بادینان، مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر فەرماندەی هەرێمی ٣ی شارباژێر، رەوف مستەفا فەرماندەی هەرێمی پێنجوێن، حامید حاجی غالی جێگری فەرماندەی هەرێمی یەکی هەورامان و شارەزوور پێك هاتبون.

بەشی دووەمی هێزەکە نزیکەی ٥٠٠ پێشمەرگە دەبوو، نزیکەی ٣٥٠ی چەکدار بوو، وا دانرابوو لە٢١ی نیسان، پاش دوو رۆژ لە بەڕێ کەوتنی بەشی یەکەم بەرەو برادۆست بەڕێ بکەوێ. سەرکردەکانی ئەم بەشە ئەمانە بوون: عەلی عەسکەری فەرماندەی هێزی پێشمەرگە، تاهیر عەلی والی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و ئەندامی مەکتەبی

عەسکەری، سەید کاکە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، تالیب ڕۆستەم فەرماندەی هەرێمی ٦ی پشدەر، جەواد بێدەری جێگری فەرماندەی هەرێمی چەمی ڕەزان.

بەشی سێیەمی هێزەکە نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگە دەبوو کە زۆربەیان چەکدار بوون و سکرتێری گشتیی یەکێتی و ڕێکخەری کۆمەڵەو نوێنەرانی کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و پاسۆکی لەگەڵدا بوو. وا دانرا بوو ئەم بەشە پاش جێگیربوونی دوو بەشەکەی تر بەرەو ناوچەی برادۆست بەڕێ بکەوێ.

بەشی یەکەمی هێزەکە بە ناو ئێراندا سنووراو سنور کەوتە ڕێ و لە نزیك حاجی ئۆمەران ئاودیوی عیراق بوو، بەبێ کێشە گەیشتە ناوچەی برادۆست و لەوێ جێگیر بوو. پاش تێپەڕینی ئەم هێزە بە ناو ئێراندا، حکومەتی ئێران کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنترۆڵ کردنی سنور. لە تورکیاش سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانیی لە دژی یەکێتی لەگەڵ بەشێکی خێڵەکانی ناوچەی هەکاری دروست کرد.

بەشی دووەم و سێیەمی هێزەکە لە قەندیل درایە بەر تۆپی ئێران و لەو ماوەیەدا سوپای ئێران بە ناوی پەیمانی سەنتۆوە مانۆڕێکی فراوانی لەسەر سنور ئەنجام دا. بەشی دووەمی هێزەکە لە سەرەتای مانگی ئایاردا بە ناو ئێراندا سنوراو سنور هەڵکشاو لەڕێگادا هێزەکانی ئێران لە چەند شوێنێك تۆپ بارانیان کرد. لە دیوی عیراقیش، لەگەڵ پەڕینەوەی هێزەکە لەخرێنە هێزەکانی عیراق بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەر پەلاماریان دا.

جوڵاندنی هێزێکی وا گەورە کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی کە بە پێی پێویست مەرجە لۆجستیکییەکان بۆ هێزەکە دابین نەکرابوون و هیچ خۆ ئامادەکردنێکیش بۆ ئەگەری دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی دەرەکی نەکرابوو.

بە پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەی کە دانرابوو، بەشی یەکەم و دووەمی هێزەکە پاش یەکگرتنەوەیان لە برادۆست، هیچ بارەگایەکیان دانەناو بۆ خۆپاراستن لە هێرشەکانی عیراق، چوونە ناو سنوری تورکیا. لەوێشەوە سەرکردەکانی هێزەکە پەیوەندییان بە بنکەی قامیشلۆوەو کرد لە سوریاو هەماهەنگییان لەگەڵدا کرد بۆ ناردنی چەکەکان. لەبەر گەورەیی قەوارەی چەکەکەو بۆ کۆنترۆڵ کردنی شێوەی دابەشکردنی چەکەکان، سەرکردەکانی هێزەکە بڕیاریان دا بچنە ناو قوڵایی ناوچەی هەکاری و وردە وردە بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆن تاکو لە شوێنی وەرگرتنی چەکەکان نزیك ببنەوە.

لە هەکاری پڕۆپاگەندەیەکی زۆر دژی هێزەکانی یەکێتی کرابوو. ئەم پڕۆپاگەندانە کەشێکی یارمەتیدەریان بۆ دژایەتی کردنی هێزەکانی یەکێتی لە ناو خێڵەکان پێکهێنا. چوونی هێزەکە بۆ قوڵایی ناوچەکە بە نەشارەزایی و ئامادە نەبوونی خێڵەکان بۆ پێشکەش کردنی هیچ کۆمەکێکی لۆجستیکی، کاریگەریی خراپی لەسەر ئامانجەکانی پرۆسەکە بەجێ هێشت. لەوەش خراپتر، هێرشی کتوپڕی خێڵەکان بۆ سەر هێزەکە هەموو پرۆسەکەی شێواند. لە ناوەڕاستی ئایارەوە تا ١٩ی حوزەیران پێکدادانی سەخت لە هەکاری لە نێوان هێزی پێشمەرگەو خێڵەکان ڕوویداو لە کۆتاییدا بە لەتوپەت بوونی هێزەکە کۆتایی هات.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا یەکێتی نزیکەی ٨٥٪ی هێزی پێشمەرگەی خۆی لەدەستداو ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەو کادیرەکانی بە دیل گیران، هەندێکیان بەدیلی لە ناو بران و بەشێکیان پاش ماوەیەك ئازاد کران و هەندێکیشیان توانییان رابکەن. جگە لە

کوژران، ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەکان ناچار بوون خۆیان رادەستی هێزەکانی عیراق بکەنەوەو بەشێکی زۆریشیان پاش دیل کردنیان ناچار کران خۆیان رادەستی هێزەکانی عیراق بکەنەوە، لەوانە ژمارەیەکی زۆریان دواتر پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردەوە.

چەردەیەك هۆ بونەتە مایەی شکست هێنانی ئۆپەراسیۆنی هەکاری، بەشێکی ئەو هۆیانە ناوخۆیین و بەشەکەی تری دەرەکین. سەبارەت بەهۆیە ناوخۆییەکان، پێناچێ پلانی ئۆپەراسیۆنەکە بە قەد ئەوەی کە پێویستە تۆکمەو کۆنترۆڵکراو بوو بێ، سەرباری ئەوەی کە تێڕوانینێکی رۆشن و یەکگرتوو سەبارەت بە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی بادینانی سەر بە سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو. لەم رووەوە بۆچونێکی بەهێز هەبوو کە چوونی هێزێکی گەورەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ناوچەی بادینان بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە چاوێکی دۆستانە تەماشا ناکرێ، بە تایبەتی کە پارتی دیموکراتی کوردستان ناوچەی بادینانی بە قەڵەمڕەوێکی داخراوو قۆرخکراو دادەنا. پاڵپشتی ئەم بۆچونە ئەوە بوو کەپارتی دیموکراتی کوردستان بە هیچ جۆرێك لە بەرژەوەندییدا نەبوو ئەو بڕە زۆرەی چەك بگاتە دەست یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چونکە ئەو چەکە تەرازوی هێزی بە تەواوی بە قازانجی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگۆڕی. لە لایەکی دیکەوە گەورەترین کێشەی هێزە نێردراوەکە، لاوازیی دیسپلین و گوێ نەدان بوو بە پابەندبون بە دەقاودەقی پلانەکە.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە نە عیراق و نە هیچ کام لە تورکیاو ئێران بەرژەوەندییان لەوەدا نەبوو کە چەکەکە بگاتە دەست هێزی پێشمەرگە. بۆیە، پێش بەڕێ کەوتنی هێزەکە، ئێران هێزەکانی سەر سنوری خستە دۆخی ئامادەباشییەوەو لە کاتی بەڕێ کەوتنی هێزەکەشدا، لە چەند شوێنێکدا تۆپبارانی کرد، سنورەکەی داخست و فشاری خستە سەر دێهاتەکانی سەر سنور تا یارمەتیی هێزی پێشمەرگە نەدەن. عیراقیش لە برادۆست بە هێزێکی بەربلاوەوە بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەر هێرشی کردە سەر ئەو هێزانەی کە بەرەو سنوری عیراق- تورکیا هەڵدەکشان. لە تورکیا، سوپا هیچ جموجوڵێکی لەسەر سنور ئەنجام نەدا، بەڵام دەزگای هەواڵگریی میت بە وردی چاودێریی پێشهاتەکانی دەکردو ئازادیی تەواوی بەسەرکردە خێڵەکییەکانی هەکاری دابوو قەڵەمڕەوی خۆیان بە ڕوی هێزی پێشمەرگەدا دابخەن.

شکستی ئۆپەراسیۆنەکە کاریگەریی قوڵی لەسەر پەیوەندیی لایەنە سیاسییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەجێ هێشت. لەسەر ئاستی پەیوەندیی لایەنە سیاسییەکان، شکستی ئۆپەراسیۆنەکە بووە مایەی پەرەسەندنی ململانێ و دوبەرەکیی نێوان دوو باڵە سەرەکییەکەی بزوتنەوەی کوردایەتی. لەسەر ئاستی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش، شکست هێنانی ئۆپەراسیۆنەکە بەو ئاکامە گەیشت کە باڵی عەلی عەسکەری لە ناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، کە ئەمەش بە قازانجی باڵی رەسول مامەند شکایەوە، ئەمەش لە بەرەنجامی کۆتاییدا بووە مایەی بەهێزبونی ویست و حەزی جیابونەوە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە پێشهاتەکانی دواتردا، باڵی رەسول مامەند پاش نزیکەی نۆ مانگ لە شکست هێنانی ئۆپەراسیۆنی هەکاری، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩دا لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیا بۆوە. بەڵام لە بەرامبەردا، شکستی ئۆپەراسیۆنەکەو جیابونەوەی باڵی رەسول مامەند یەکێتییەکی شێلگیرتر و تەباتری لێ

کەوتەوەو پاشان ڕەوشەکە بەم سەرەنجامە گەیشت کە باڵی چەپی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە خۆی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا دەبینییەوە، دەستڕۆیشتوتر و بەهێزتر بوو


لەو ڕاپۆرتەی کە نەوشیروان مستەفا لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ساڵی ١٩٨١ خوێندویەتییەوە، شرۆڤەیەك بۆ هۆکانی شکستی ئۆپەراسیۆنی هەکاری پێشکەش کراوە کە تێیدا زۆرترین بڕی لێپرساوەتیی شکستەکە خراوەتە ئەستۆی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە. ڕاپۆرتەکە زۆر وردەکاریی دەربارەی هەندێ مەسەلەی هەستیار تێدا بوو، بۆیە بڕیار درا ڕاپۆرتەکە پاش هەموارکردنەوەی هەندێ لە بڕگەکانی، لەسەر ئاستێکی تەنگەبەر بڵاو بکرێتەوە. دواجار لە دوتوێی ٢٦ لاپەڕەی قەبارە مامناوەنجیدا ژمارەیەکی دیاریکراوی لێ چاپ کراو وەك بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ بەسەر کادیرەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا پەخش کرا.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٨دا بەرنامەی بۆ «پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە لە بادینان و کردنەوەی ڕێگای هێنانی چەك و تەقەمەنی» دانابوو و بە پێویستی زانی بوو بکەوێتە گەڕ بۆ «شکاندنی تەوقی ئەو ئابڵوقەیەی لە دەوری جوڵانەوەکە بوو» کە ئەمەش پێویستی بەوە بووە هێزێکی گەورە بۆ بادینان، بۆ ناوچەکانی سەر سنوری عیراق- تورکیاو سێگۆشەی سنوری ئێران- عیراق- تورکیا بەڕێ بکرێ. ڕاپۆرتەکە دان بەوەدا دەنێ کە تەقەللاکە نەك هەر سەری نەگرت بەڵکو «شکستێکی ئەوەندە گەورەی بەسەردا هات، خەریك بوو شۆڕشەکەو یەکێتیی نیشتمانی و تا ئەندازەیەکی کاریگەریش کۆمەڵە بە تەواوی لە ناو بچێت». ڕاپۆرتەکە ئۆباڵی شکستەکە دەخاتە ئەستۆی ڕێبازی سیاسیی فەرماندەکانی هێزەکە کە «نواندنەوەی ڕێبازی پێشمەرگانەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو». شرۆڤەکە ئەم مەسەلەیە ڕونتر نمایش دەکاو نیشانی دەدا کە «شکستی هێزی پێشمەرگە لە هەکاری، ئەگەرچی زەربەیەکی کاریگەر بوو لە تێکڕای جوڵانەوەکە، بەڵام لە ڕاستیدا شکستی ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگانەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو لە جوڵانەوەی کورددا. هەرچەند هاوڕێیانی کۆمەڵەش بەشدار بون لە هەڵگرتنی باری مەسئولیەتی ئەو شکستەدا، بەڵام لە ڕاستیدا سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیست بە ڕادەی یەکەم تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە دەکەن چونکە ئەوسا بەشی زۆری مەسئولیەتی عەسکەریی بەرزی ناو شۆڕش لە دەست ئەواندا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەش شەریکی ئەو زەرەرو زیانە زلە بوو کە لە شۆڕش کەوت و لە ئەنجامی ئەمەدا دەیان ئەندامی شەهید بون و بریندار بون و گیران».

یەکێ لەگرنگترین سەرچاوە کلاسیکییە سەرەکییەکانی تاوتوێ کردنی ئۆپەراسیۆنی هەکاری، ئەو نامیلکەیەی نەوشیروان مستەفایە کە لە ساڵی ١٩٨١دا بە ناونیشانی «کارەساتی هەکاری» دەری کردووەو تێیدا وردەکاریی گرنگ و زانیاریی دانسقەی خستۆتە بەر دەست. نامیلکەکە لە دوتوێی ٣٨ لاپەڕە، بەقەبارەی ١٦ بە ٢٢سم لەگوندی توژەڵە لە چاپخانەی برایم عەزۆ چاپ کراوە.

## هەڵبژاردن (گۆڤار)

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەت بە کاروباری هەڵبژاردنە، دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هاوینی ٢٠٠٦ دەری کردووە. تەنها یەك ژمارەی




لێ دەرچووە. لە ژمارە دوو بەدواوە، ناوی گۆڤارەکە کراوە بە «دەنگدان». هۆی گۆڕینی ناوەکە، وەك لە سەروتاری گۆڤاری «دەنگدان»دا دەردەکەوێ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دواتر دەستەی نوسەران بۆی دەرکەوتووە کە گۆڤارێك بە هەمان ناو لە هەولێر دەردەچێ، بۆیە بڕیاریداوە ناوی گۆڤارەکە بگۆڕێ و بیکا بە «دەنگدان».

سەروتاری گۆڤارەکە ئەرك و ئامانجەکانی گۆڤارەکەی دیاری کردووە کە تێیدا هاتووە «نیازمانە بە پێی دەرفەت بەشێوازێکی دامەزراوەییو زانستی، بەشداریی جێبەجێ کردنی پرۆسەی نوێبونەوە بکەین، پردی پەیوەندی بە شێوازی جیا جیا لەگەڵ دەنگدەری کوردستان توند بکەین. وەك دەزانین کایە جیاوازەکانی کارکردنمان گەشەپێدانی کەلتوری هەڵبژاردن، توێژینەوەی زانستی، بابەتە یاساییەکانی هەڵبژاردن، ڕاپرسیو دیموکراسییە. دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزیی تایبەت بە هەڵبژاردن لە جیهان و ناوچەکەو کوردستان، درێژەپێدەری هەمان ڕەوتی کارکردنمانە. دەمانەوێت ئێمەش لە ڕوی جۆرایەتییەوە گۆڤارێکی بە هێزی وەرزیمان هەبێت کە پسپۆڕیو تایبەتمەندیی هەڵبژاردن ڕەچاو بکات. هەموو لا ئەو ڕاستییە باش دەزانین کە کۆمەڵگای ئێمە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان زۆر لاوازە لە ڕوی ئاشنابون و ڕاهاتنی لەسەر کەلتوری هەڵبژاردن. ئەمەش هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەو بە دڵنیاییشەوە هەوڵی گرتنەبەری ڕێبازێکی زانستی، هاوکاریی قەڵەمە دیارەکانی کایەی دیموکراسیو هەڵبژاردنی دەوێت».

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە دەزگای هەڵبژاردنەو کاردۆ محەمەد پیرداوود سەرنوسەری بووە. بەڕێوەبەری نوسین هونەر ژاژڵەیی بووەو کاری هونەری لە ئەستۆی هەرێم ڕەسول و تایپ کردن لە ئەستۆی شاکار ئەحمەددا بووە.

گۆڤارەکە لە دوتوێ ٦٦ لاپەڕەی بەقەبارە ٢٩,٥ بە٢١ سم دەرچووە. وێنەی سەر بەرگی، ئاماژەیە بۆ سندوقی هەڵبژاردن و لە ناواخنیشدا وێنەو خشتە بە شێوەیەکی گونجاو بەکار هاتوون.

بابەتەکانی گۆڤارەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کاروباری هەڵبژاردن تەرخان کراون و تێیدا بایەخ بە چەند بابەتێك دراوە لەوانە ریفراندۆمی سەربەخۆیی مۆنتینیگرۆ، سیستمی سیاسیو هەڵبژاردن لە ئیتالیاو سیستمی سیاسیی تورکیا. دۆسێیەکی تایبەتیشی سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنی عیراقی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

چەند نوسەرو ڕۆژنامەنوسێك بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن: شیروان حامد، کەمال سەرگەڵویی، خەلیل عەبدوڵڵا، شاهۆ محەمەد، تابان عومەر، زانا ڕەئوف و سلێمان مستەفا حەسەن.

# هەڵۆ ئەحمەد کوردە



پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتوو و فەرماندەی سێ تیپی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گەڕەکە تەواو کردووەو دەستی بە خوێندنی ناوەندی کردوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ دا وازی لە خوێندن هێناوەو کەوتۆتە کاسبی بۆ دابین کردنی بژێوی خێزانەکەی.

ساڵی ١٩٧٢ لە لقی شەهید عەبدوڵڵای بەتالیۆنی ٣ ی هێزی رزگاری بۆتە پێشمەرگە. هەر لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٤ کراوەتە رابەری سیاسی و بەرپرسی دارایی لق. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و زۆری نەبرد بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشت کراو ماوەی خزمەتەکەی لە بەسرە بەسەر برد. لەو ماوەیەدا بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندییە رێکخراوەییەکەی لەگەڵ کۆمەڵەو لەم سەروبەندەدا سەرپەرشتیی ئەڵقەیەکی رۆشنبیریی کرد لە سلێمانی.

ساڵی ١٩٧٦ گەڕایەوە سەر خوێندن. لەو قۆناغەدا ئەرکی هەماهەنگیی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و رێکخستنەکانی ناو شاری پێ سپێردرا. ساڵی ١٩٧٨ دوا بە دوای گیرانی جەمال تاهیر، بەرپرسی سەرکردایەتیی ناوخۆی رێکخستنەکانی ناو شار، سەرپەرشتیی رێکخراوی کاروانی کرد لە شاری سلێمانی. هەر ئەو ساڵە ژمارەی ئەندامانی رێکخراوەکە پەرەی سەند و لەم سۆنگەیەوە پلەی بەرز کرایەوەو بووە لێپرسراوی لیژنەو پاش دوو ساڵ کرایە بەرپرسی کۆمیتەی رێکخستنی شەهید عەزیز مەحمود.

ساڵی ١٩٨١ سەرباری ئەوەی کە سەرقاڵی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمیتەکە بوو، داوای لێ کرا سەرپەرشتیی رێکخراوی شەهید جوامێر سایەمیریش بکا لە بەغدا.

لە ئایاری ساڵی ١٩٨١ دا لە کاتێکدا کە لە پۆلی شەشەمی ئامادەییدا بوو، بەشداریی لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەراندا کرد. ساڵی دواتر دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی بە پەیوەندییە رێکخراوەییەکەیان زانی و فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکرد، بۆیە لەگەڵ کادیرێکی تر بە ناوی موراد عیززەددین شاری بەجێ هێشت، لە ناوچەی سەرکردایەتی لە ناوزەنگ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد.

یەکەم لێپرسراوەتی کە لە پێشمەرگایەتیدا پێی سپێردراوە، لێپرسراوەتیی کەرتی رێکخستنی شارەزورو هەورامان بوو. لە ساڵی ١٩٨٣ دا کرایە ئەندامی مەکتەبی رێکخستنی کۆمەڵە لە ناوزەنگ.

ساڵی ١٩٨٤ پاش کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لێپرسراوەتیی رێکخراوی ٤ ی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٨٦ بە دواوە، وازی لە کاری رێکخراوەیی هێناو روی کردە کاری عەسکەری. لە یەکەم لێپرسراوەتیی عەسکەریدا، کرایە فەرماندەی تیپی ٢٣ ی سورداش. هەر ئەو ساڵە بە هەمان پلە بۆ تیپی ٣١ ی سلێمانی گوێزرایەوەو لەو ماوەیەدا بەشدارییەکی کارای لە شەڕەکانی قەیوان- ماوەت دا کرد. ساڵی ١٩٨٧ کرایە فەرماندەی تیپی ٣٧ ی شارباژێر. هەر ئەو ساڵە، لە کاتێکدا کە لە گوندی زێوێی ناوچەی سورداش دەبێ و ماڵەکەشی هەر

لەوێ دەبێ، فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق گوندەکەیان بۆردومان کردو لە ئەنجامی بۆردومانەکەدا خۆی و دوو پێشمەرگەو دایکی و خێزانەکەی بریندار بون.

ساڵی ١٩٨٨ لە رەوتی بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی یەکەمی ئەنفالدا، لە دۆڵی جافەتی، لە هەردوو بەرەی شەدەڵەو خورخورە، رۆڵێکی دیاری لە شەڕەکاندا گێڕا.

ساڵی ١٩٨٩ گەڕایەوە سەر کاری رێکخراوەیی و لێپرسراوەتیی رێکخراوی ٣ ی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٩١ لە چوارچێوەی پلانی دانراودا، بەشداریی لە راپەڕیندا کرد. لە قۆناغی کۆتایی راپەڕیندا، سەرپەشتیی گواستنەوەی بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی کرد لە سلێمانییەوە بۆ چیای ئەزمڕ بۆ ئەوەی سوپای عیراق کە نیازی هێرش کردنە سەر سلێمانیی هەبوو، دەستی بەسەردا نەگرێ. هەر لەو ماوەیەشدا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکانی سلێمانیی گرتە ئەستۆ تا ئەو کاتەی مەڵبەندی ٣ ی رێکخستنی سلێمانی دەستی بە کارەکانی کرد. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ ژمارەیەك لێکۆڵیارو مامۆستای زانکۆ دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی دامەزراند کە ئەرکەکەی شیکردنەوەی زانیارییە ئەمنییەکان و فراوان کردنی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بوو، لەم سەروبەندەشدا گۆڤارێکی بە ناوی «رێنوێن» کە تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە، دەرکردو خۆی رۆڵی سەرنوسەری تێدا گێڕاوە.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. پاش کۆنگرە وازی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێناو هیچ لێپرسراوەتییەکی وەرنەگرت.

ساڵی ١٩٩٦ چووەتە ئەوروپا و لە هۆڵەندا نیشتەجێ بووە. ساڵی ٢٠٠٠ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ٢٠٠٤ بووەتە سەرپەرشتیاری رێکخستنەکانی سلێمانی لە مەکتەبی رێکخستن. ساڵی ٢٠٠٦ بووەتە بەرپرسی لقی ١٢ی راپەڕین و ئەندامی سەرکردایەتی. ساڵی ٢٠١١ بووەتە بەرپرسی لقی ٤ی سلێمانی.

بابەتی پەیوەندیدار:
*سورداش (تیپ).
*رێنوێن (گۆڤار).

## هەڵۆ مەحمود مارف پێنجوێنی



پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی سەرکردایەتی. ناسراو بە هەڵۆ پێنجوێنی. لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٨ی شاری پێنجوێن. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەیاسای گشتی هەیە.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە و خراوەتە ئەڵقەی رۆشنبیرییەوە. ساڵی ١٩٨٤ لە ناو شاری سلێمانی لێپرسراوەتیی شانەیەکی سەرەکیی سەر بە کەرتی رێکخستنی پێنجوێنی گرتۆتە ئەستۆ.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و بۆ ساڵی دواتر کرایە کادیری کەرتی ٤ی تیپی ٣١ی سلێمانی. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی دەیان شەڕی کردوە وەك شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦)، داستانی رزگاری (١٩٨٧)، رزگارکردنی قەرەداغ (١٩٨٧)و بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفال لە دۆڵی جافەتی، دۆڵەڕوت، شوان، بناری

خاڵخالان، شێخ بزێنێ، خۆشناوەتی، ئاکۆیان و هی تر. دوو جار بە چەکی کیمیایی بریندار بووە، جارێك لەگوندی گۆپتەپەو جارێکی تر لەگوندی ختێ.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی لە ڕزگارکردنی ناوچەکاندا کرد. ساڵی ١٩٩٣ بووە کارگێڕی کۆمیتەی پێنجوێن. ساڵی ١٩٩٦ بووە سەرپەرشتیاری کۆمیتەکەو ساڵی ١٩٩٧ بووە رابەری سیاسی لە فەرماندەیی سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٩٨ بووە ئەندامی مەڵبەندی پێشمەرگە و بۆ ساڵی دواتر بووە کارگێڕی مەڵبەند و لە ماوەی نێوان ٢٠٠١ - ٢٠٠٦ جێگری لێپرسراوی مەڵبەند بوو. ساڵی ٢٠٠٦ بە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێنجوێن هەڵبژێردرا.

ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە سلێمانی، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و دواتر بووە لێپرسراوی بەشی ڕێکخستنی مەکتەبی ڕێکخستن. ساڵی ٢٠١٢ بۆ ماوەی چەند مانگێك بوە سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ٤ی ڕێکخستنی دهۆك.

هەروەها لە ئایاری ٢٠١٤دا ئەرکی سەرپەرشتیکردنی مەڵبەندی ڕێکخستنی موسڵی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠١٤ پاش ئەو نەهامەتی و جینۆسایدەی لە شنگال لەسەر دەستی گروپی تیرۆریستی داعش بەسەر ئێزدییەکانی شنگالدا هات، ڕۆڵێکی کارای لە هەڵمەتی فریاکەوتنی ئێزدییەکانی چیای شنگالدا گێڕا و لە ئابی هەمان ساڵ بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەلی سەر بە پارتی یەکێتیی دیموکرات (پەیەدە) لە دژی هێزەکانی داعش و بەسەرکردنەوەی ئاوارەکانی شنگال، سەردانی عامودای کرد لە کوردستانی سوریا.

## هەڵوێست (گۆڤار)




گۆڤارێکە مەڵبەندی ٤ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ دەری کردووە. وەك گۆڤارێکی گشتی خۆی ناساندووە. قەبارەی نیو فولسکابە و تەنها یەك ژمارەی لە دوتوێی ٥٦ لاپەڕەدا لێ دەرچووە.

لە تەکنیکدا بابەتەکانی بەتایپی دەستی تایپ کراون و بە دەزگای فۆتۆ ستێنسل خراونەتە سەر ستێنسل و بە ڕۆنیۆ راکێشراون. تاکە ژمارەکەی ئەم گۆڤارە لە تەموزی ١٩٨٣ دەرچووەو لە چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید لەگوندی وەرتێ چاپ کراوە.

گۆڤارەکە لە ژێر دروشمی «عیراقێکی دیموکراتو سەربەخۆ- کوردستانێکی ئۆتۆنۆم» دەرچووە. زۆربەی ئەوانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بون کە ئەمەش

وای کردووە دیدێکی ئایدیۆلۆژیی زەق بەگۆڤارەکەوە دیار بێ چونکە زۆربەی بابەتەکانی لەبەر رۆشنایی بیروباوەڕی مارکسیزم نوسراون لەوانە بابەتەکانی تایبەت بە کۆمۆنی پاریس، کۆمۆنیزمی زانستی، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، بەراورد لە نێوان رەوشتی بورژوازی‌و رەوشتی کرێکاری. جگە لەم بابەتە ئایدیۆلۆژییانە، بایەخ بە مەسەلە نەتەوەییەکانیش دراوە. لەم سەروبەندەدا گۆڤارەکە بابەتێکی تایبەتی بۆ تاوتوێ کردن و بەسەرکردنەوەی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعید پیرانی کوردستانی باکور تەرخان کردوە. ئەوانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: خەلیل دهۆکی، فەخرەددین گەرمیانی، جەمالەددین محەمەد ئەمین، ئازاد ئەحمەد، فەیسەڵ دێهاتی، محەمەد شەریف، سەعدوڵڵا پەرۆش، مارف عومەر گوڵ.

## هەڵۆی سور (رێکخراو)

رێکخراوێکی شۆڕشگێڕە جوامێر سایەمیر، پاش راوێژ کردن بە شاسوار جەلال لە قەرەداغ، لە شوباتی ساڵی ١٩٧٧ پێکی هێناوە. ئەندامانی ئەم رێکخراوە لە ئەندامانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و رێکخراوی «خوێنی شەهیدان» پێکهاتبوون. ئەرکی ئەم رێکخراوە ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانە بوو لە ناو شاری بەغدا لە دژی کاربەدەستان و هاوکارانی رژێمی بەعس.

ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری رێکخراوەکە، جگە لە جوامێر سایەمیر کە لێپرساوی رێکخراوەکە بوو، لەمانە پێکهاتبوون: عەبدولسەلام عەبدولڕەزاق، سەلمان داوود حسێن، جەمال سەعید برایم و عادل عەبدولکەریم، لەوانە دووانی یەکەمیان سەر بە کۆمەڵە بوون و ئەوانی تر سەر بە رێکخراوی «خوێنی شەهیدان» بوون.

ئەرکی گەیاندنی دەمانچە و نارنجۆک و نامە و هەندێ پێداویستیی لۆجستیکی لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا بە وەسفیە بەنی وەیس، مامۆستا و بەپرسی رێکخستنەکانی ژنانی تاسلوجە، سپێردرا.

لە ١٦ی حوزەیراندا رێکخراوەکە یەکەم چالاکیی شۆڕشگێڕانەی ئەنجام داو لە مەیدانی خلالنی لە بەغدا عوسمان محەمەد فایەقی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیی لە ناو برد.

ئەم ئۆپەراسیۆنە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، هەموو دەزگاکانی رژێمی بەعسی هەژاندو هاندەرێکیش بوو بۆ ئەنجامدانی کردەوەی شۆڕشگێڕانەی دیکە. وا دانرابوو چالاکییەکی تر لە ١٦ی ئابدا لە هۆڵی زانکۆی موستەنسریە لە دژی لێپرسراوێکی کوردی یەکێ لە حزبە کارتۆنییەکانی هاوکاری رژێمی بەعس ئەنجام بدرێ و بە پێی پلانەکە سایەمیر خۆی کارەکەی ئەنجام دەدا، بەڵام بەر لەوەی دەست بەجێبەجێ کردنی کارەکە بکرێ، سایەمیر دەستگیر کرا. هۆی گیرانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس توانیبویان جاسوسێك بە ناوی کاوە فاتیح لە ناو رێکخراوەکە دروست بکەن و بە هۆی ئەمەوە ئاگاداری وردو درشتی ئۆپەراسیۆنەکە بوون. هەر یەکسەر پاش دەستگیر کردنی سایەمیر، دەزگا ئەمنییەکان کەوتنە گرتنی ئەندامانی تری رێکخراوەکەو دوا بە دوای ئەوان چەندین کەسی تر گیران کە بەشێکی زۆریان پەیوەندییان بە رێکخراوەکەوە نەبوو.

ئەندامانی رێکخراوەکە لە گرتوخانەی ئەمنی گشتی لە بەغدا خرانە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانەوە. لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ جوامێر سایەمیر و هەندێ لە ئەندامەکانی

تر توانییان لەگرتوخانەکە رابکەن، بەڵام زۆربەیان لە دەوروبەری گرتوخانەکە گیرانەوە.پاش دادگایی کردنیان، لە ١٨ ئەندامە دەستگیرکراوەکەی رێکخراوەکە، ٧ ئەندام بڕیاری لە ناوبردنیان بۆ دەرچوو، لەوانە دوو ئەندام کە سەرباز بوون، واتە هەر یەك لە عادل عەبدولکەریم محەمەد عەلی و جەمال سەعید برایم، بڕیاری گوللەباران کردنیان بۆ دەرچوو و لە٣٠ی کانونی دووەمی ١٩٧٨ لە سەربازگەی رەشید گوللەباران کران. پێنج ئەندامەکەی تر کە مەدەنی بون، واتە هەر یەك لە جوامێر سایەمیر، سەلام عەبدولڕەزاق ئەکبەر، سەلمان داوود حسێن مەندەلاوی، شێرۆ عەبدولقادرو کازم جاسم هاشم بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو. پێش جێبەجێ کردنی بڕیارەکە، نوێنەرێکی دەزگای ئاسایش پەیوەندیی پێوە کردن و بەڵێنی پێ دان کە ئەگەر هاوکاریی دەزگا ئەمنییەکان بکەن و دڵسۆزیی خۆیان بۆ رژێم بسەلمێنن، دەتوانرێ سزای لەسێدارەدانیان لەسەر لابرێ. لە دەستگیرکراوەکان، تەنها کازم جاسم هاشم پێشنیارەکەی پەسند کرد، ئامادەیی دەربڕی بۆ هاوکاری کردنی دەزگا ئەمنییەکان و لەم سۆنگەیەوە لە سێدارە نەدرا. چوارەکەی تر پێشنیارەکەیان رەت کردەوەو لە١٠ی نیسانی ١٩٧٨ لە بەندیخانەی ئەبوغرێب لەسێدارە دران.

لەوانی تر، ١٠ ئەندام بڕیاری زیندانی کردنیان بۆ دەرچوو، لەوانە پێنج ئەندام بە ناوی عەدنان شێرزاد، سەلاح جان موراد، سەعدون قاسم عەلی ناسراو بە کوردۆ قاسم، رەعد بەشیر ئەسکەندەر و موراد عەلی وەلی حاجی بە بەندکردنی هەتا هەتایە سزا دران و پێنج ئەندامەکەی تر بە ناوی برایم عەبد عەلی تەهماز، عامر عەبدولکەریم محەمەد عەلی داوودی، محەمەد ساڵح سەمین، عەدنان محەمەد عەزیز عەبدولڕەزاق و شەهاب وەهاب رۆستەم بە ده ساڵ بەندکردن سزا دران. هەر هەموشیان دەست بەسەر هەموو موڵك و سامانیاندا گیرا. لە ئەندامە دەستگیرکراوەکان، تەنها یەك ئەندام، ئەویش خالید عەزیز مەلك بوو، لەبەر کەمیی بەڵگەکان، ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٧٩ دەستگیرکراوەکان بە لێبوردنی گشتی ئازاد کران و دواتر هەندێکیان، لەوانە رەعد بەشیر ئەسکەندەر، عەدنان محەمەد عەزیز عەبدولڕەزاق، شەهاب وەهاب رۆستەم، سەلاح جان موراد، سەعدون قاسم عەلی ناسراو بە کوردۆ و محەمەد ساڵح سەمین پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و رۆڵێکی دیاریان لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا گێڕا. ئەزمونی «هەڵۆی سور» لە ناوەڕۆکدا هەوڵدانێك بوو بۆ گواستنەوەی ئەزموونی هەندێ رێکخراوی شۆڕشگێڕی ئەمریکای باشوور بۆ عیراق. پاش شکست هێنانی ئەم ئەزموونە، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جارێکی تر ئەم ئەزموونەیان لە بەغدا دووبارە نەکردەوەو زۆرتر جەختیان کردە سەر تۆکمەکردن و گەشەپێدانی رێکخستنەکان.

## پاشکۆی ژمارە ١

## شەهیدانی رێکخراوی هەڵۆی سور

١-جوامێر سایەمیر فەتحوڵڵا:

لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ی گوندی کەپراتی ناوچەی مەندەلی. لێپرسراوی رێکخراوەکە.

٢-سەلمان داوود حسێن مەندەلاوی:

لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٥ی مەندەلی. لە شاری مەندەلی خراوەتە بەر خوێندن بەڵام بە هۆی ئەوەی کە خێزانەکەی گواستویەتییەوە بۆ بەغدا، خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە خوێندنگەی فەیلییە تەواو

کردوە. ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە. پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە بۆ بەغداو لەوێ بەشدار بووە لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ بە ناوی ڕێکخراوی خوێنی شەهیدان. پاش ئەوەی ڕێکخراوەکە پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد، مەندەلاوی بەشدارییەکی کارای لە دامەزراندنی ڕێکخراوی هەڵۆی سوردا کرد. یەکێك بووە لە ئەندامانی ئەو دەستەیەی کە ئۆپەراسیۆنی مەیدانی خللانیی لە بەغدا ئەنجام داوەو ڕۆڵی سەرەکیی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا گێڕاوە.

٣-عەبدولسەلام عەبدولڕەزاق ئەکبەر:

لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤ی گەڕەکی مەزرەعەی خانەقین. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەوێ تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٧١دا بۆتە ئەندامی یەکێتیی لاوانی کوردستان. ساڵی ١٩٧٤ لە سنوری گەرمیان بۆتە پێشمەرگەو پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ ماوەیەك لە ئێران گیرساوەتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ عیراق. بەشدار بووە لە دامەزراندنی هەردوو ڕێکخراوی خوێنی شەهیدان و هەڵۆی سور، هەروەها بەشدار بووە لە ئۆپەراسیۆنەکەی مەیدانی خللانی لە بەغداو ئەرکی چاودێری کردنی دەوروبەری شوێنی جێبەجێ کردنی ئۆپەراسیۆنەکەی پێ سپێردرا بوو.

٤-جەمال سەعید:

لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦. ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەو ساڵی ١٩٧٥ پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە بەغدا جێگیر بووەو لە ڕێکخراوی خوێنی شەهیدان کاری کردووە. بەشدار بووە لە ئۆپەراسیۆنەکەی مەیدانی خللانی لە بەغدا.

٥-عادل عەبدولکەریم:

ناوی تەواوی عادل عەبدولکەریم محەمەد عەلی داوودی. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٤. ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی کوردستان بووە. یەکێ لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی خوێنی شەهیدانە.

٦-شێرۆ عەبدولقادر هەمەوەند:

لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧. خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## لە یادی هەڵۆی سوردا، باوکێکی نمونەیی
## (وتار)
### نوسینی ئەمیرە محەمەد

حاجی داوود حسێن لەدایکبوی قەزای مەندەلیی سەر بە پارێزگای دیالەیە، باوکی شەهید سەلمانی ئەندامی ڕێکخراوی هەڵۆی سورە کە لە١٠ی نیسانی ١٩٧٨ لە ئەبوغرێب لەگەڵ هاوڕێکانی، جوامێر سایەمیرو سەلام عەبدولڕەزاق ئەکبەر و شێرۆ عەبدولقادر، لەسێدارە دراوە.

بۆ کەسێکی فەیلی (کە هەمیشە دارو دەستەی ڕژێم بەدوایانەوە بووە) و لە ناوجەرگەی شاری بەغداو لە دوای ئاشبەتاڵ، کەم نیە لە خەبات و تێکۆشان تێهەڵچێتەوە. حاجی داوود ڕێپیشاندەری سەلمانی کوڕی بووە. کاتێك لەگەڵ کاك مەلا بەختیاردا دەبێ، پێی دەڵێ «وا هەست دەکەم سەلمانی کوڕم ڕێگە پیرۆزەکەی کوردایەتیی هەڵبژاردووە». ئەویش پێی دەڵێت «حەز دەکەم چاوم پێی بکەوێت». بەم چەشنە حاجی داوود یەکەمین دیداری کوڕەکەی و کاك مەلا بەختیار ساز دەکات و ئیتر ئەو بەردەوامی بە خەبات و تێکۆشان دەدات، تا دوا ساتەکانی ژیانی لە بەندیخانەی ئەبوغرێب.

پاش گیرانی سەلمان و هاوڕێکانی، لە زیندانی ئاسایشی گشتی کۆ دەکرێنەوە. هەموویان هەوڵی دەربازبون دەدەن. سەلمان تەقەی لێ دەکرێ و یانزە گوللەی بەر دەکەوێ، بۆیە دەبرێتە نەخۆشخانەی شەعب و کەسوکاری دەچنە سەردانی. پاش چەند جارێك سەردانی کردن، حاجی داوود بە کوڕەکەی دەڵێت «رفاندنت لەم نەخۆشخانەیە زۆر ئاسانە، تەنها دوو پۆلیس و دەرگایەکی ئاسن هەیە. من و مامت ئەم کارەمان بە ئاسانی پێ دەکرێت». کوڕەکەی لە وەڵامدا دەڵێ « بابە گیان داوای لێبوردنت لێ دەکەم، ناتوانم بەم کارە رازی بم چونکە من و هاوڕێکانم پەیمانمان داوە هەر چییەك بکەین، پێکەوە ئەنجامی بدەین و بە بێ یەکتری هیچ نەکەین». باوکیشی پێی دەڵێ «من هەموتانم پێ دەرباز ناکرێت». بەم قسەیەی نەیتوانی خولیاو ئاواتەکەی خۆی کە رزگارکردنی کوڕەکەی بوو، بهێنێتە دی. سەختە بۆ پیاوێك پێ بەجەرگی خۆیدا بنێت و پشتگیریی بەڵێن و پەیمانی کوڕەکەی و هاوڕێکانی بکات.

تەنها خێزانەکەی حاجی داوود کوردایەتیی نەدەکرد، بەڵکو یەکە یەکەی بنەماڵەکەی رێگەی سەختی خەباتیان گرتبوە بەر. کاتێك سەلاح رەشیدی برازای لە شۆڕشی ئەیلولدا شەهید دەبێ، رەش دەپۆشێت، بەڵام کاتێك کوڕەکەی لەسێدارە دەدرێت، بەرگی رەش فڕێ دەدات. بە هۆی ئەمەوە خەدیجە سەفەری هاوسەری، گلەیی لێ دەکات. حاجی لە وەڵامدا پێی دەڵێت «رژێمی بەعس ئێستا دەزانێ من کێم. دەزانێ من باوکی کوڕێکی قارەمانم. با دوژمن پێی خۆش نەبێت».

دوای شەهیدکردنی کوڕەکەی، هەر هەمان ساڵ (١٩٧٨) خاتوو وەسفیە بەنی وەیس نامەیەکی هەڤاڵ مام جەلالی گەیاندە دەستی حاجی داوود لە بەغدا تا بیگەیەنێ بە ئیمام خومەینی لە شاری نەجەف. حاجی داوود بێ سڵەمینەوەو بوێرانە، نامەکەی وەرگرت و لەگەڵ خەدیجە خانی هاوسەری، رێگەی نەجەفی گرتە بەرو چووە ئەو شوێنەی ئیمام خومەینیی لێ بوو. لەوێ بە هاوسەرەکەی دەڵێت «چاوەڕێ مەکە. ئەگەر نەهاتمەوە، ئەمانەتی تۆو منداڵەکان».

کاك نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەیدا «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ» لە لاپەڕە ٣٥٠ دا ئەم راستییە دەسەلمێنێت و نوسیویەتی « مام جەلال نامەی بۆ ئیمام خومەینی و ئایەتوڵلا شەریعەتمەداری، ئایەتوڵلا حسێنعەلی مونتەزری و چەند کەسێکی تر نوسی. نامەکەی ئیمام خومەینیمان نارد بۆ رێکخستن تا ئەوان بە دەستێکی ئەمیندا بۆی بنێرن... رێکخستن کەسێکی شایستەیان دۆزی بوەوە، نامەکەیان پێدا نارد بۆ نەجەف بۆ خومەینی، ئەویش داوود حسێن بوو، باوکی شەهید سەلمان لە رێکخراوی هەڵۆی سور کە تازە لە بەغدا ئیعدام کرابوو. باوکی سەلمان کە لە ناو کوردە شیعەکاندا کەسایەتییەکی ناسراو بوو، خەڵکی مەندەلی بوو، بەڵام لە بەغدا دادەنیشت».

حاجی داوود جگە لەوەی کە هەموو ژیانی بۆ کوردایەتی تەرخان کردبوو، باوکێکی نمونەییش بوو. بڕوای تەواوی بەکچەکانیشی هەبوو. هەموو کاتێك رێگای پڕ مەترسیی سلێمانیی دەگرتە بەرو ئینتیساری کچی (کە دواتر لە پێشمەرگایەتیدا بە دابانی حاجی داوود ناسرا) دەبردە سلێمانی بۆ بەشداری کردن لە کۆبونەوەکانی رێکخستن. ئەو شەوەی هەواڵی دەرچونی فەرمانی گرتنی کچەکەی دەبیستێ، بێ هیچ نیگەرانی و دوودڵییەك دەڵێت «خۆت ئامادە بکە، سبەینێ سەعات شەشی بەیانی دەچینە گەراج و بەرەو سلێمانی دەڕۆین».

بەیانی زوو کچەکەی لە خەو هەڵدەستێنێ و خۆی ئامادە دەکات و بانگی کچەکەی دەکات. خەدیجە

خان دەڵێت «ئینتیسار پەشیمان بۆتەوەو چۆتەوە ناو جێگاکەی». باوکی بە پەلە دەچێتە ژورەوەو پێخەف لەسەر کچەکەی لادەداو دەڵێت «هەستە، درەنگە، هاکا هاتن بۆ گرتنت».

ئینتیسار بۆی گێڕاینەوە «بە باوکم وت: بابە گیان، پەشیمان بومەتەوەو ناچمە دەرەوە، وازم لێ بێنە، ئێوە جەرگتان سوتاوە. با بە هۆی منیشەوە توشی دەردەسەری نەبن. پیاوانی ئاسایش دێن و تەنها من دەگرن و ئێوەیان ناوێت. کەچی باوکم ناوچەوانی ماچ کردم و وتی: کچی خۆم هەستە خۆت ئامادە بکە. بێگومان یەکەمین رۆژ کە ئەم رێگایەت هەڵبژاردووە، زانیوتە رێگەیەکی تەختانی و ئاسان نیەو لەبری ئەوەی هەڤاڵێك بۆ رێکخستن زیاد بکەیت خەریکی هەڤاڵێکیشمان لێ کەم دەکەیتەوە. بەڵام یەك مەرجم بۆ رۆیشتنت هەیە. ئەگەر چویتە شاخ و بوویت بە پێشمەرگەو بیستت هەموومانیان گرتووەو ئیعدامیان کردوین، تەسلیم نەبیتەوە. سەلمانی برات لە یاد نەکەیت و لە رێگە پیرۆزەکەی ئەو کە رێگەی کوردایەتییە لانەدەیت». حاجی داوود لە١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (ژمارەی ٢٠١٢/٤/١٠) پاشکۆی هەڵۆی سور کە مەکتەبی شەهیدان بە هاوکاریی رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەری کردووە.

## هەڵەدن (تیپی شانۆ)

تیپی شانۆی هەڵەدن. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ لەگوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی دامەزراوە. ژمارەی ئەندامەکانی ١١ ئەندام بووە کە ئەمانەن: ئاوات محەمەد، محەمەد عەبدولقادر حاجی، فایق قادر، جەمال محەمەد، عوسمان مەحمود، عەبدولڕەحمان مەحمود، حامد رەسوڵ، عوسمان شەدەڵەیی، قادر عەبدولڕەحمان، جەوهەر جوانمێردو ئەنوەر قادر مەحمود کە هەمویان، جگە لە عوسمان شەدەڵەیی، خەڵکی گوندی هەڵەدنن و زۆربەیان ئەندام و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بون.

تاکە بەرهەمی تیپەکە شانۆگەرییەکە بە ناونیشانی «لوتکەو زریان» کە لە ٢٠ی ئازاری ١٩٨٥ لەگوندی هەڵەدن نمایش کراو ناوەڕۆکەکەی بەسەرکردنەوەی ئۆپەراسیونی دابان ـ هەلاج بوو کە تێیدا هێزی پێشمەرگە لە١٥ی شوباتی ١٩٨٥ دا زنجیرەی چیاکانی دابان و هەلاج و گۆڕەجوو و قەرەتیکان و کڵکەی پیرەمەگرون و دۆڵی شەدەڵەی لە هێزەکانی عیراق پاك کردەوە.

لە٢٧ی ئازاردا هەمان شانۆگەری لەگوندی سەرگەڵوو نمایش کرا کە بارەگای مەڵبەندی ٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو، پاشان لە١٥ی نیساندا لەگوندی یاخسەمەر کە بارەگای تاڵەبانیی لێ بوو، بۆ جاری سێیەم نمایش کراو دواتریش لە یەکی ئایاردا لەگوندی مالومە بۆ جاری چوارەم نمایش کرا.

لە بواری رایی کردنی کاروباری تیپەکەو دابین کردنی پێداویستییەکانیدا مەدحی مەندەلاوی رۆڵێکی سەرەکیی لەم روەوە گێڕاوەو بەکردەوە بە سەرپەرشتیاری تیپەکە دادەندرێ. لە ڕوی هونەرییەوە هەر یەك لە عەباس عەبدولڕەزاق و ئەبوبەکر حسێن ئەحمەد ناسراو بە بەکری خەتات هاوکارو هاندەری سەرەکیی تیپەکە بوون.

هەر ئەو ساڵە تیپەکە کتێبخانەیەکی لە گوندی هەڵەدن کردەوە کە دەوروبەری ٢٠٠ کتێبی لە بواری جیا جیا لەخۆ گرتبوو. کتێبخانەکە بە هاوکاریی هەر یەك لەدەزگای راگەیاندنی یەکێتیو دەزگای ناوەندی رۆشنبیریی کۆمەڵەی رەنجدەران دامەزرا.

تیپەکە لە سۆنگەی هەلومەرجی سەختی پێشمەرگایەتیو بۆردومان کردنی ناوچەکە بە فڕۆکەو تۆپخانە لە لایەن هێزەکانی عیراقەوەو کاریگەریی جەنگی عیراق - ئێران لەسەر ژیانی هاوولاتییانی ناوچەکە، دەرفەتێکی زۆری بۆ بەردەوامبون و گەشەکردن بۆ نەرەخساو نەیتوانی درێژە بە چالاکییە هونەرییەکانی بدا.

## هەڵەدن (تیپی شانۆی منداڵان)

تیپێکی شانۆی منداڵانە، ساڵی ١٩٨٥ لەگوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی پێك هێنراوە. ئەو خوێندکارانەی رۆڵیان تێدا بینیوەو شانۆگەرییەکانیان نمایش کردووە خوێندکاری خوێندنگەی سەرەتایی هەڵەدن بون. داینەمۆو داهێنەری پرۆژەکە مەدحی مەندەلاوییە کە پێشمەرگە و مامۆستای شۆڕش بوو لەگوندی هەڵەدن.

مەندەلاوی رۆڵی سیناریست و دەرهێنەرو نوسەری شانۆگەرییەکانی گێڕاوەو لە هەمان کاتدا راهێنەری ئەکتەرەکانیش بووە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو رۆڵانەی کە لە شانۆگەرییەکاندا منداڵەکان دەیانبینی.

تیپەکە دوو بەرهەمی شانۆگەریی نمایش کردووە. یەکەم بەرهەمی تیپەکە شانۆگەرییەکە بە ناونیشانی «مام سالح» کە ناوەڕۆکێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیی هەبووە، تانەی لەهەندێ دیاردەی خراپی کۆمەڵایەتی داوە وەك دیاردەی ژن بەژن و وێنایەکی سەبارەت بە خراپیی دیاردەی باوك سالاریی بە شێوەیەکی سادە بۆ بینەر شرۆڤە کردوە، لە هەمان کاتدا هاوولاتیانی بۆ هاوکاری کردنی پێشمەرگە و چۆڵ نەکردنی گوندەکان هان داوە.



بەرهەمی دووەمی تیپەکە شانۆگەرییەکی فانتۆمیم بوو بە ناونیشانی «زوحاك و کاوەی ئاسنگەر» کە تێیدا ئەکتەرەکان ئەفسانە باوەکەی زوحاکیان نمایش کردوە. لەو سۆنگەیەشەوە کە ئەفسانەکە بەشێکی کەلەپوری فۆلکلوری کورد پێك دەهێنێ، بینەران بۆ تێگەیشتنی رەوتی رووداوەکانی شانۆگەرییەکە پێویستیان بە دایەلۆگی سەر زاری ئەکتەرەکان نەبووە.

هەردوو شانۆگەری پاش نمایش کردنیان لە شانۆی خوێندنگەی هەڵەدن، لەگوندەکانی یاخسەمەرو مالومەو سەرگەڵوش نمایش کراون. ئەرکی ماکیاژو رێکخستنی ئەکتەرەکان لە ئەستۆی پێشمەرگەیەکی تر بووە بە ناوی ئەبوبەکر حسێن ئەحمەد ناسراو بە بەکری خەتات کە لە هەمان کاتدا وەك خۆبەخش وانەی لە خوێندنگەی هەڵەدن دەوتەوە.

هەر لەم رووەوە سێ کەس هاوکاریی جێ بایەخی تیپەکەیان کردووە. یەکێکیان ئازاد خانەقینییە کە تێبینیو سەرنجی خۆی دەربارەی بەرهەمەکان و شێوەی نمایش کردنیان بە سەرپەرشتیاری تیپەکە رادەگەیاند، دووەمیان عەباس عەبدولرەزاقە کە بەکامیرای ڤیدیۆ وێنەی نمایشەکانی دەگرت و سێیەمیان عوسمان حسێن ئەحمەدە کە وەك بەڕێوەبەری خوێندنگەی سەرەتایی هەڵەدن هەموو ئاسانکارییەکی بۆ بەڕێوەچونی کاروباری تیپەکە دابین دەکرد.

ژمارەی ئەکتەرەکانی تیپەکە دەوروبەری ٢٥ ئەکتەر بووە کە ئەمەش ناوی بەشێکیانە:

١- محەمەد عومەر محەمەد ناسراو بەحەمەی عومەر بەگ.
٢- بلێسە جەبار فەرمان.
٣- شەونم مستەفا.
٤- نەسرین مەحمود بەگ.
٥- ئاسۆ محەمەد عەزیز ناسراو بە ئاسۆی محەمەد سپی.
٦- سادق عومەر عەبدوڵڵا.
٧- جەمال محەمەد عەلی ناسراو بە جەمالی پورە ئەسمەر.
٨- ئەنوەر جوامێر محەمەد ناسراو بەئەنوەر مامە جوانە.
٩- قوباد عەبدولقادر.
١٠- محەمەد عەبدولقادر ناسراو بە حەمە سێو.
١١- فەرهاد فەقێ ئەحمەد.
١٢- جەلال مام رەسول.
١٣- ئەکرەم حاجی عەلی.
١٤- فایق حاجی عەزیز گوێزیلێ.
١٥- برایم حاجی عەزیز ناسراو بە برایم بچکۆل.
١٦- ئەنوەر حاجی عومەر گوێزیلێ.
١٧- فەریق مەحمود بەگ.
١٨- ئاسۆ عەزیز مەجید.

لە ئەکتەرەکان یەکێکیان کە فایق حاجی عەزیز گوێزیلێیە، لە ساڵی ١٩٨٨ لە یەکەم شاڵاوی ئەنفالدا لە دۆڵی جافەتی بێ سەروشوێن بوو.

## هەڵەدن (خولی عەسکەری)

چەند خولێکی یەك لە دوای یەکن لە گوندی هەڵەدن بۆ راهێنان لەسەر بەکارهێنانی تۆپو موشەك کە لە پایزی ساڵی ١٩٨٤ دەستیان پێ کردو بەشێکیان کەوتنە ساڵی دواتر. هەر خولێك ٣٠ ـ ٤٠ پێشمەرگەی تیپەکانی بۆ تەرخان کراو لەو دوو ساڵەدا هەشت خول کرایەوەو هەر خولێك مانگێکی خایاندووە.

هەموو خولەکان لە بنکەی مەشق و راهێنانی گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی بەڕێوە چون. مامۆستای خولەکان یونس رەحیم محەمەد بوو کە پێش ئەوەی ببێ بە پێشمەرگە مامۆستاو راهێنەر بوو لە سوپای عیراقداو شارەزایی باشی لەم بوارەدا

هەبوو. بۆ دەستەبەرکردنی ئاستێکی باشی فێربون و مەشق بۆ بەشداربوانی خولەکە، ئەوە بە مەرج دانرابوو کە بەشداربوانی خولەکان دەبێ دەرچوی ئامادەیی‌و زانکۆکان بن.

وانەکانی کە لە خولەکان دەخوێندران بریتی بون لە چۆنێتیی خوێندنەوەی ئەحداسیات، خشتەی رەمی، گۆشەکان، چۆنێتیی خوێندنەوەی دوربینی رەسەد، خوێندنەوەی نەخشە، بەکارهێنانی تۆپ‌و هاوەن و کاتیۆشا.

پاش تەواوبونی خولی دووەم، تیپی تایبەتی تۆپخانە دامەزرا کە خولە کۆمەڵە کرا بە فەرماندەی‌و ئیسماعیل مەلا عەبدول کرا بە جێگری‌و بارەگاکەی لەگوندی شەدەڵە بوو لە سنوری سورداش.

## هەڵەدن (چالاکیی پارتیزانی)

چالاکیی مەفرەزەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی رستی سورداش لە دۆڵی جافەتی لە ماوەی رۆژانی ٢٠ و ٢١ی ئایاری ١٩٨٩.

لە٢٠ی ئایاری ١٩٨٩ دا لە سەعات ١٨,٢٥ پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش خۆیان گەیاندە دەربەندی هەڵەدن لە دۆڵی جافەتی‌و هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای سریەی داری باپیر ئاجی‌و دوو رەبیەکەی تووەسپی‌و گۆمەگەورەو بەسەر سەربازەکاندا خاپوریان کردن. زیانی زانراوی دوژمن لەم هێرشە کوژرانی ٨ سەربازو بریندابونی ٣ سەربازی ترە.

لە بەرامبەر ئەم هێرشە کتوپڕەی هێزی پێشمەرگەدا هێزەکانی عیراق لە سەربازگەکانی گوێزیلەو کارێزەو سورەقەڵاتەوە بۆ ماوەی دە سەعات بە خەستی تۆپبارانی ناوچەکەیان کرد.

رۆژی دواتر هێزەکانی عیراق لەشکرکێشییەکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچەکە بە مەبەستی کێوماڵ کردنی ناوچەکەو لە ناوبردنی دەستە پارتیزانەکان. سەعات ١٨,٣٠ مەفرەزە پارتیزانەکە لە نێوان هەردوو گوندی کاولکراوی سێکانیان و سەرگەڵودا پەلاماری رەبیەی زینۆی سێکانیانی دا. پەلامارەکە کوژرانی شەش سەربازو بریندابونی سەربازێکی دیکەی لێ کەوتەوە. لە هەمان کاتدا لەسەر رێگای رەبیەکە چەند پێشمەرگەیەکی تری دەستەکە بۆسەیان دانابوو. هێزێکی سوپا کە بەنیاز بوو بە هاواری رەبیە لێقەوماوەکە بچێ، کەوتە بۆسەکەو دوو سەربازی لێ کوژراو دوا بەدوای ئەمە بە پەلە کشایەوە بۆ دواوە.

بەم پێیە زیانی هێزەکانی عیراق لەو دوو رۆژە بریتی بوو لە کوژرانی ١٦ سەربازو بریندار بونی ٤ی دیکەو سوتانی کەرەستەو تفاقیکی زۆری بارەگای سریەو رەبیەکان. هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو.

## هەڵەموند- کاروخ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە پشتیوانیی هەلیکۆپتەری جەنگی و تانك و تۆپی دورهاوێژو نێوان هێزی پێشمەرگەی پێکهاتوو لەهێزەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ بە فەرماندەیی رەحمان سەیدەو کەرتێکی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و هێزی پشتگیری لە زنجیرە شاخی هەلەموندو گەروی مەنجەڵ و چیای کاروخ لە ٣٠ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨.

پاش شەڕەکانی ٢٤و ٢٥ی ئایاری ١٩٨٨ لەسەری جاوەڵ و دیزیلەو چیای دڕەبی و زینۆی ئەستیرۆکان و زینۆی وەرتێ و دەرگەڵەو کەلێتە، کە تێیدا هێزەکانی عیراق تێك شکان و هیچ ئامانجێکیان بەدەست نەهێنا، هێزەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ سەنگەرەکانیان بۆ زنجیرە شاخی هەلەموندو کاروخ و گەروو مەنجەڵ

گواستەوە. لەوێ هێزەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ و تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و هێزی پشتگیری یەکیان گرتەوەو بەسەر قۆڵەکانی هەڵەموند، بێترخێن و کەلەکرۆسك دا دابەش بوون.

له ٣٠ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ هێزەکانی عیراق، پاش تۆپباران کردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بە پشتیوانیی چەند هەلیکۆپتەری جەنگی و تانك هێرشێکی بەربڵاویان دەست پێکرد. سەرەڕای سەختیی هێرشەکان و تۆپبارانی بەردەوام و بە گەڕخستنی هەلیکۆپتەری جەنگی بە شێوەیەکی خەست لە دژی پێشمەرگە، هێرشەکان یەك لە دوای یەك لە هەموو قۆڵەکان تێك شکان. هێزەکانی عیراق ژمارەیەکی زۆر کوژراویان لێ کەوت و هەلیکۆپتەرێکیش پێکراو لە شەڕگە کەوتە خوارەوە، فەرماندەی هێرشەکەش کوژرا.

لەم شەڕەدا هێزی پێشمەرگە سێ شەهیدی بەم ناوانە هەبوو: رەسول مەولود جێگری فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ و هیوا رەزانی و محەمەد سمایل موراد.


## هەناره (شەڕ)

شەڕێکە لە٢٥ی ئایاری ساڵی ١٩٨٥ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی سەربازو جاش کە بە پاڵپشتی سێ زرێپۆش و ١٥ هەلیکۆپتەر هێرشیان بردبوە سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگە لەگوندی هەناره لە ناوچەی گەرمیان.

سەعات ٤ی بەرەبەیانی ئەو رۆژە، هێزەکەی دوژمن هێرشی دەست پێکرد. هێزەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٣ی شێروانەو تیپی مەڵبەندی یەك بەرپەرچی هێرشەکەی دوژمنیان دایەوە. شەڕ تا سەعات ١٥ درێژەی کێشا بەبێ ئەوەی دوژمن بتوانێ دەست بەسەر گوندەکەدا بگرێ. زیانی دوژمن کوژرانی ٤ سەربازو برینداربونی ٤ی دیکە بوو. لاشەی کوژراوەکان لەمەیدانی شەڕ بەجێ ما. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر ٤ کلاشنکۆف و دوو سندوقی فیشەك و هەندێ کەلوپەلدا گرت.

هەر لەم شەڕەدا دوو هەلیکۆپتەر پێکران کە دواتر یەکێکیان لە قادر کەرەم کەوت و ئەوی تر لە سەنگاو.

## هەواڵنامەی کوردستان لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا (گۆڤار)




گۆڤارێکە لقی ئەوروپای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٠ دەری کردووە. بابەتەکانی، هەڵبژاردەی ئەو وتارانەن کە لە رۆژنامەو گۆڤارە ئەوروپییەکان دەربارەی مەسەلەی کورد بڵاوکراونەتەوە. بەم پێیە، گۆڤارەکە گۆڤاری وەرگێڕانەو تێیدا هەوڵ دراوە ئەو وتارو ڕیپۆرتاژو راپۆرتە هەواڵانە لە خۆ بگرێ کە تایبەتن بە مەسەلەی کوردو هەواڵەکانی

کوردستان. لەگەڵ وەرگێڕانەکاندا کۆپیی دەقەکان بڵاوکراوەتەوە. قەبارەی گۆڤارەکە نیو فولسکاب بووە.

تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش لە تشرینی دووەمی ١٩٨٠. ژمارەکە لە دوتوێی ٢٦ لاپەڕەدا دەرچووە. ناوی سەرنوسەرو دەستەی نوسەران و وەرگێڕەکان و شوێنی چاپی لەسەر نیە، تەنانەت سەروتاریشی نیە. ژمارەکە هەشت بابەتی لەخۆ گرتووە کە٣ دانەی وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردیو ٥ دانە کراون بە عەرەبی. ئەو بڵاوکراوانەی بابەتەکانیان لێ وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردیو عەرەبی بریتین لە «تاگس تسایتونگ»ی ئەڵمانی، «هەواڵنامەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی»ی ئینگلیزی، «دی ڤولکس کرانت»ی هۆلەندی، «تیلیراما»ی فەرەنسی، «لومۆند»ی فەرەنسی، «ئۆپسالا نیوو تیدنینگ»ی سویدیو «گازێت»ی فەرەنسی. هەندێ لە بابەتە وەرگێڕدراوەکان ناوی نوسەریان لەسەرە لەوانە یوگند گوت شلیش و کریستا دینتیر لە رۆژنامەی «تاگس تسایتونگ».

## هەواڵنامەی کوردستانی عیراق

بڵاوکراوەیەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری کردووە. پانزە ژمارەی لێ دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە ئایاری ١٩٧٨ دەرچووەو دوا ژمارەی لە حوزەیرانی ١٩٨١دا. سەرەتا وا دانرابوو کە بڵاوکراوەکە بۆ دیکۆمێنت کردنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بێ لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٧٨و لەم سۆنگەیەوە لە ژێر ناونیشانی «هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عیراق لە ماوەی دوو ساڵدا» بڵاوکرایەوە. ئەم ژمارەیە هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەوە تێدا نیە کە بڵاوکراوەیەکی خولەکییە و هەروەها ژمارە ١ی لەسەر دانەنراوە. لە ژمارەی دواتردا ژمارە ٢ی لەسەر دانراو بە ناونیشانی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» دەرچوو. ژمارە ٨ی لێ دەرچێ کە بە ناونیشانی «هەواڵنامەی کوردستان» دەرچووە، ژمارەکانی تر هەمووی بە ناونیشانی «هەواڵنامەی کوردستانی عیراق» دەرچوون.

ئەم بڵاوکراوەیە بەشێکی بە شێوەی رۆژنامەی قەوارە فولسکاب و بەشێکی تری بە شێوەی گۆڤاری نیو فولسکاب دەرچووە. لە سەرەتادا ستافێکی دیاریکراوی نەبوو. ژمارەکانی ١-٦ نەوشیروان مستەفا دەری کردوون و خۆی لێپرسراوەتیی سەرنوسەری تێدا گرتۆتە ئەستۆ. ئەوانی تر، مەکتەبی راگەیاندن دەری کردوون.

ئەم بڵاوکراوەیە لەبەر هەلومەرجی سەختی پێشمەرگایەتی لە یەك شوێن دەرنەچووە. یەکەم سێ ژمارەی لە چیای قەندیل دەرچوون، ژمارە ٤



لە ناوزەنگ، ژمارە ٦ لە گردی مامەولا، ژمارە ٧ لە زەڵێ، ژمارە ٥ و ژمارەکانی نێوان ٨ — ١٥ لە توژەڵە دەرچون.

ئەوانەی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە ئەمانەن: نەوشیروان مستەفا، فازڵ کەریم ئەحمەد، هەڤاڵ کوێستانی، ئەبوبەکر خۆشناو، ئومێد سەعید گەوهەر، بورهان مستەفا مەعروف. کادیرە تەکنیکییەکانی ئەمانەن: جەزا عەبدولواحید، یاسین ڕەسول، یاسین ئەحمەد عەلی، هشیار عابد، شێرزاد ڕەفیق چالاك، حەمە ئەمین عەبدوڵڵا و شەهاب عوسمان.

ساڵی ٢٠١١ ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران لە ١٥ ژمارەکەی هەواڵنامە، ١٣ ژمارەی لە دوتوێی کتێبێکدا بڵاوکردەوە کە نەوزاد عەلی ئەحمەد ئامادەی کردبوو. هێشتا ژمارە ٦و١٤ی ئەم بڵاوکراوەیە ونن.

بە کردەوە، «هەواڵنامە« یەکەم کاری دیکۆمێنتکارییە لە شۆڕشی نوێدا، چونکە ئامانجی سەرەکیی دەرکردنی، وەك لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی یەکەم ژمارەدا دەردەکەوێ، دیکۆمێنتکردنی ڕوداوەکانی ماوەیەکە کە کەوتۆتە نێوان ئایاری ١٩٧٦ و نیسانی ١٩٧٨. ئەم ماوەیە لە مێژی بزوتنەوەی کورددا کەمترین کاری دیکۆمێنتارانەی لەسەر کراوە، بۆیە دیکۆمێنتکردنی ئەم ماوەیە لە یەکەم ژمارەی هەواڵنامەدا بایەخێکی تایبەتی هەیە.

## پاشکۆ

## پێشەکیی چاپی دووەمی کۆکراوەی «هەواڵنامە» (٢٠١١)

نوسینی فەرید ئەسەسەرد

«هەواڵنامە» یەکێ لە بڵاوکراوە گرنگەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتییە و بۆ دیکۆمێنتکردنی ڕوداو و هەڵوێستە سیاسییەکان بایەخێکی زۆری هەیە. دەستخستنی ئەم بڵاوکراوەیە کەرەستەیەکی خاو بۆ لێکۆڵیاران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پێشمەرگایەتی و دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابین دەکات.

یەکەم ژمارەی «هەواڵنامە» لە ئایاری ١٩٧٨ دەرچووە. وەك ناوەکە گوزارشتی لێ دەکا، نیاز وابوو بڵاوکراوەکە زۆرتر بۆ هەواڵەکانی شۆڕش و بەسەرکردنەوەی ڕوداوەکان تەرخان بکرێ، بەڵام بە کردەوە وتاری ئایدیۆلۆژی پانتاییەکی فراوانی بڵاوکراوەکە داگیر دەکا. لە ژمارەی یەکەمدا لە سەرجەمی ٥٤ لاپەڕە، وتاری ئایدیۆلۆژی ٢٤ لاپەڕە، واتە ڕێژەی ٤٤٪ی بڵاوکراوەکەی گرتۆتەوە. ئەو ٣٠ لاپەڕەیەی کە ماوە، زۆرتر بۆ چالاکیی پێشمەرگە و جموجوڵی سوپای عیراق لە ماوەی ئایاری ١٩٧٦ و نیسانی ١٩٧٨ تەرخان کراون و لەم ڕووەوە ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی ئەم دوو ساڵە بەهایەکی دیکۆمێنتاریی گەورەی هەیە.

بەپێی ئەوەی کە ژمارەی بەرایی، هیچ ژمارەی لەسەر نیە، دیارە هەوەڵ جار نیازی ئەوە نەبووە کە بڵاوکراوەکە ژمارەی تری لێ دەرچێ، بەڵام دوای دەرچونی ژمارە یەك، بیر لەوە کرایەوە کە وەك بڵاوکراوەیەکی خولەکی درێژەی پێ بدرێ. ئەو هەواڵانەی لەم ژمارەیە بڵاوکراونەتەوە، سێ سەرچاوەیان هەیە، یەکەم، ڕاگەیەنراوە عەسکەرییە یەك لاپەڕەییەکان کە لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشدا پەخش دەکران، دووەم، ئەو هەواڵانەی کە دەنێردران بۆ سوریا و لەوێ کۆڕبەندی نیشتمانیی عیراق، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەندام بوو تێیدا، بە ناوی خۆیەوە بە شێوەی بەیاننامەی چالاکییەکانی هێزەکانی شۆڕشی عیراق بڵاوی دەکردنەوە، سێیەم،

نامەکانی کە لە هەرێمەکانەوە دەربارەی هەڵسوڕانی پێشمەرگە و جموجوڵی هێزەکانی رژێم دەگەیشتن بە سەرکردایەتی.

ژمارەی یەکەم زۆرتر بۆ دیکۆمێنت کردنی چالاکییەکانی دوو ساڵی هێزی پێشمەرگە تەرخان کراوە، ئەمەش بە ناوی بڵاوکراوەکەوە دیارە کە ناو نراوە «هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عیراق لە ماوەی دوو ساڵدا».

هەواڵنامە لە سەرەتای دەرکردنیدا ستافێکی دیاریکراوی نەبوو. سەرنوسەری ژمارەکانی ١ تا ٥ نەوشیروان مستەفایە کە خۆی بە تەنیا هەموو بابەتەکانی نوسیوە. ستافی تەکنیکی لە دوو پێشمەرگە پێکهاتبوو کە حسێن کەریم قادر ناسراو بە حەمە سەعید و هاوڕێ جەبار بوون، کە ئەرکی تایپ کردن و راکێشانی بڵاوکراوەکەیان بە رۆنیۆ لە ئەستۆدا بوو.

لە ژمارە ٦ بە دواوە، مەکتەبی راگەیاندن ئەرکی دەرکردنی هەواڵنامەی گرتە ئەستۆ. لێرە بە دواوە، بڵاوکراوەکە بە شێوەی گۆڤار دەرچوو. بەمجۆرە، بڵاوکراوەکە بە دوو قۆناغ دەرچووە. قۆناغی یەکەم ژمارەکانی ١ تا ٥ دەگرێتەوە و ماوە زەمەنییەکەی کەوتۆتە نێوان ئایاری ١٩٧٨ و تەموزی ١٩٧٩ و ئەم ژمارانە نەوشیروان مستەفا دەری کردون. قۆناغی دووەم لە ژمارەی شەشەمەوە دەست پێ دەکا و مەکتەبی راگەیاندن تێیدا ئەرکی دەرکردنی بڵاوکراوەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

هەواڵنامە ١٥ ژمارەی لێ دەرچووە و ماوەی دەرچونیشی کەوتۆتە نێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٨١. یەکەم ژمارەی لە ئایاری ١٩٧٨ دەرچووە و دواترینیان لە حوزەیرانی ١٩٨١. شێوەی دەرچونیشی بەمجۆرە بووە: لە ساڵی ١٩٧٨ دا سێ ژمارەی لێ دەرچووە، لە ساڵی ١٩٧٩دا سێ ژمارە، لە ساڵی ١٩٨٠ دا شەش ژمارە و لە ساڵی ١٩٨١ دا سێ ژمارە.

بەپێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە، هەواڵنامە لە شوێنی جیا جیا دەرچووە. سێ ژمارەی هەوەڵ لە قەندیل دەرچون، ژمارە ٤ لە خڕێ نێوزەنگ، ژمارە ٥ لە توژەڵە، ژمارە ٦ لە گردی مامەوڵا بەرامبەر بە گوندی داوداوێ، ژمارە ٧ لە زەڵێ و ژمارەکانی تر (لە ٨-١٥) هەموی لە توژەڵە دەرچون.

پاش ئەوەی ئەرکی دەرکردنی هەواڵنامە کەوتە ئەستۆی مەکتەبی راگەیاندن، ژمارەیەکی باش کادیری بۆ تەرخان کرا، بەڵام بڵاوکراوەکە بە مانای وشە دەستەی نوسەران و سەرنوسەری نەبوو. بە کردەوە، لێپرسراوی ئەو سەردەمەی مەکتەبی راگەیاندن، فازل کەریم ئەحمەد ناسراو بە جەعفەر، ئەرکی سەرنوسەریی لە ئەستۆدا بوو. نوسەرانی بڵاوکراوەکە جگە لە فازل کەریم ئەحمەد، ئەمانەن: عومەر حاجی خدر ناسراو بە هەڤاڵ کوێستانی، ئەبوبەکر خۆشناو، ئومێد سەعید گەوهەر، بورهان مستەفا مەعروف ناسراو بە فەرهاد، تایپیستەکان ئەمانەن: جەزا عەبدولواحید، یاسین رەسول ناسراو بە پۆڵا و یاسین ئەحمەد عەلی ناسراو بە سورکێو. ئەوانەی لەسەر رۆنیۆ کاریان کردووە ئەمانەن: هشیار عابد بریفکانی، شێرزاد رەفیق چالاك و حەمە ئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە چالاك. خۆشنووس، شەهاب عوسمان بوو. لە پاڵ کارە دەستنیشانکراوەکان، ئەندامانی ستافەکە کاری تریشیان دەکرد. بورهان و ئەبوبەکر جگە لە نوسین، تایپیشیان دەکرد. ئومێد جگە لە نوسین، کاری رۆنیۆشی دەکرد. هەڤاڵ و ئەبوبەکر هەڵەبڕیشیان دەکرد. هشیار و یاسین جگە لە کاری رۆنیۆ، دیزاینیشیان دەکرد.

دەزگا سەرەکییە بەکارهێنراوەکان تایپ و رۆنیۆ بوون. ژمارە ١ تا ٥ی هەواڵنامە بە تایپی برازەری دەستی لەسەر ستێنسڵی کاغەز تایپ کراون و بە رۆنیۆی دەستیی جۆری گستتنەر راکێشراون.

ژمارەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندن (٦تا ١٥) جگە لە تایپی برازەر، بە تایپی تریش تایپ کراون وەك ئای بی ئێم و مومتاز و لە هەندێ ژمارەدا فۆتۆ ستێنسڵ بەکار هێنراوە، بەتایبەتی بۆ بەرگ و لاپەڕە دیکۆمێنتارەکان. هەموو ئەو ژمارانەی کە مەکتەبی ڕاگەیاندن دەری کردون، لە چاپخانەی برایم عەزۆ چاپ کراون.

ناوی بڵاوکراوەکە شێواوییەکی ئاشکرای پێوە دیارە، چونکە بە سێ شێوەی جیاواز هاتووە، ئەویش بەم شێوەیە: ژمارەی یەکەم بە ناوی «هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عیراق» دەرچووە، لە کاتێکدا ژمارەکانی ٢ تا ١٥ (جگە لە ژمارە ٨) بە ناوی « هەواڵنامەی کوردستانی عیراق»، ژمارە ٨ بە ناوی «هەواڵنامەی کوردستان» دەرچون.

ژمارە ٣ چاپێکی دەرەوەی وڵاتی هەبوو کە چەند دانەیەکی گەیشتە ناو وڵات. ئەم ژمارەیە دوو جیاوازیی لەگەڵ ژمارەکانی پێشوو هەیە. یەکێکیان لە قەوارەدا، چونکە بچوك کراوەتەوە و بە قەوارەی نیو فولسکاب لەبەری گیراوەتەوە، ئەوی تر لە ناونیشاندا، چونکە بەرگێکی جوانی بە کاغەزی ئارت بۆ کراوە و لەسەری نوسراوە «هەواڵنامەی شۆڕش»، بەڵام لە ناواخندا ژمارە لەبەر گیراوەکە، جگە لە بچوککردنەوە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ چاپی ناو وڵات نیە.

تیراژی بڵاوکراوەکە، بە زۆری لە ٣٠٠ دانە تێپەڕی نەکردووە. لەو تیراژە نزیکەی پەنجا دانە بۆ دەزگاکان و هێزی پێشمەرگە دادەنرا و بەشە زۆرەکە بۆ ڕێکخستنە نهێنییەکانی شارەکان دەنێردرا. چەند دانەکیش، لە سنوری ١٠ تا ٢٠ دانە، لە دەرفەتی گونجاودا، بۆ سوریا و ئەوروپا دەنێردران و لەوێ ڕێکخستنەکان بەپێی پێداویستییان ژمارەیەکی دیاریکراویان لەبەر دەگرتەوە و بەسەر ئەندامانیدا دابەشیان دەکرد.

کۆکردنەوە و چاپکردنەوەی «هەواڵنامە» لە چوارچێوەی پرۆژەکەیە بۆ ئەرشیفکردنی ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەم ئەرکە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێیەم بە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران سپێردراوە و لەم ڕووەوە پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەم لە ماددەی ٦٥دا، لەو شەش ئەرکەی بۆ ئەکادیمیای دیاری کردووە، ئەرکی سێیەمی بەمجۆرە دیاری کردووە کە بریتییە لە «ڕێکخستنی ئەرشیف و دۆکۆمێنتکردنی مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان».

ئەم بڵاوکراوەیە و ئەوەی تێیدا هاتووە، بەشێکە لە مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و ڕەوش و هەلومەرجی سەردەمی خۆیەتی و لەم ڕووەوە بەهایەکی دیکۆمێنتاری بەرزی هەیە و پێویستە لە چوارچێوەی سەردەمی خۆی خوێندنەوەی بۆ بکرێ و لێی بکۆڵدرێتەوە.

سەرچاوە: هەواڵنامەی کوردستانی عیراق یەکەمین هەواڵنامەی شۆڕشی نوێ، ئامادەکردنی نەوزاد عەلی ئەحمەد، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣-٥.

## هەورێ (تیپ)

تیپی ٨٣ ی هەورێ. یەکێکە لەو تیپانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٨٢ دوا بە دوای هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان و کارکردن بە سیستمی تیپەکان دامەزراوە. پێشتر سنوری تیپەکە بەشێکی قەڵەمڕەوی هەرێمی ٨ ی دەشتی هەولێری پێك هێناوە. لە ساڵی ١٩٨١ دا سنورەکەی لە هەرێمی ٨ ی دەشتی هەولێر جیا کرایەوەو یەکەیەکی بە ناوی

قوەتی هەوریێ لێ پێکهێنرا کە بەشێکی ناوچەی خۆشناوەتیی گرتۆتەوە. ساڵی دواتر، کاتێك بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان درا، لە سنوری قوەتی هەوریێ تیپێك بە ناوی تیپی ٨٣ ی هەوریێ پێکهێنرا.

تیپەکە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە. قۆناغی یەکەم کەوتۆتە سالانی ١٩٨٢-١٩٨٣، قۆناغی دووەم سالانی ١٩٨٥-١٩٨٨ و قۆناغی سێیەم سالانی ١٩٨٩-١٩٩١ دەگرێتەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا کە سێ ساڵی خایاندووە، تیپەکە لەگەڵ تیپەکانی ٩٣ ی کۆسرەت، ٩٠ ی کۆیە، ٨٦ ی دەشتی هەولێر و ٩١ ی سەفین، سەر بە مەڵبەندی ٤ بووە. لەو قۆناغەدا تیپەکە دوو فەرماندەی بە خۆیەوە دیوە. یەکەمیان خولە عەزیز فەرحانە کە رۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی چالاکییەکانی تیپەکەدا هەبوو. جێگری فەرماندەی تیپ قادر هەینی تەها قادر ناسراو بە قادر دۆشکە بوو. لەو قۆناغەدا تیپەکە بەشدارییەکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد لە کوردستانی ئێران بۆ پشتگیری کردنی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا فەرماندەی تیپەکە بە سەختی بریندار کرا، ئیفلیج بوو و چیتر نەیتوانی بەردەوام بێ لەسەر بەجێهێنانی ئەرکەکانی خۆی وەك فەرماندەی تیپ.

لەو سۆنگەیەشەوە کە تیپەکە لەو کاتەدا لە جەنگدا بوو، دەم و دەست عەبدوڵلا مام عەلی فەرماندەیی تیپەکەی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٨٣ دا ماوەیەکی کەم پێش ئۆپەراسیۆنی بێتواتە، لە ئاڵوگۆڕی فەرماندەی تیپەکاندا عەبدوڵلا مام عەلی لە خۆشناوەتییەوە گوێزرایەوە بۆ بیتوێن و فەرماندەیی تیپی ٩٩ ی بیتوێنی گرتە ئەستۆ.

لەو ماوەیەدا هیچ فەرماندەیەك بۆ تیپی ٨٣ ی هەوریێ دانەنرا. دوای ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی بێتواتە دەستی بەسەر بێتواتەدا گرت، سەرکردایەتیی عەسکەری بڕیاریدا تیپی ٨٣ ی هەوریێ هەڵبوەشێنێتەوەو تیپێکی تر لە هەمان سنور پێك بهێنێ. لەم سۆنگەیەوە تیپی ٨٣ ی هەوریێ هەڵوەشێنرایەوەو تیپێکی تر بە ناوی تیپی ٩٧ ی بێتواتە بە فەرماندەیی رەشۆ کوێخا رەسولی بێتواتە جێی گرتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٥ دا فەرماندەی تیپەکە و جێگرەکەی و فەرماندەیەکی کەرت و ٣٥ پێشمەرگەی تیپەکە وازیان لە پێشمەرگایەتی هێناو لەم سۆنگەیەوە تیپەکە هەڵوەشایەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بیر لە دامەزراندنەوەی تیپی ٨٣ ی هەوریێ بکرێتەوە.

هەر ئەو ساڵە لە کۆبونەوەیەکی نەوشیروان مستەفادا لەگەڵ پێشمەرگەو کادیرەکانی تیپە هەڵوەشاوەکە، بڕیار درا تیپی ٨٣ ی هەوریێ پێك بهێنرێتەوە. لەم سەروبەندەدا چوار کەرت بە فەرماندەیی هەر یەك لە رزگار هاودیانی، عومەر حەسەن حسێن ناسراو بە عومەر زێوەیی، حسێن بەشان مەلەکی و ئەسوەد تەقتەقی پێك هێنران، بەڵام کەس بە فەرماندەی تیپەکە دانەندرا. پاش دوو مانگ لە پێکهێنانی کەرتەکان، حەسەن عەبدوڵلا مەحمود بە فەرماندەی تیپ دانرا. بەم پێیە، حەسەن عەبدوڵلا مەحمود بووە سێیەمین فەرماندەی تیپەکە. لە ساڵی ١٩٨٦ دا سابیر رەسول کرایە فەرماندەی تیپەکە، بەڵام دوای ئەوەی کە لە ساڵی دواتردا کرایە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی ٣، عەلی وەیسی فەرماندەیی هەرێمی ٨٣ ی هەورێی گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٨٨ دا فەرماندەیی تیپەکە بە کاکە جوان قوربانی سپێردرا.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا لە کاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا تیپەکە لەگەڵ ژمارەیەك تیپی دیکەدا هەڵوەشایەوە بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩ دا، پاش کارکردن بە سیستمی

بەتالیۆنەکان، تیپەکە دامەزرایەوەو بەشداریی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا کرد.

لە ماوەی دەستبەکاربونی تیپەکەدا لە هەر سێ قۆناغدا، ژمارەیەك کادیری عەسکەری لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی تیپیان گرتۆتە ئەستۆ لەوانە عەلی وەیسی، عەبدوڵڵا مام عەلی، قادر هەینی تەها قادر ناسراو بە قادر دۆشکە، کاکە جوان قوربانی، عەزیز داوود. ژمارەیەك کادیری عەسکەریش لە قۆناغی جیاوادا فەرماندەی کەرت بون لەو تیپە لەوانە رزگار هاودیانی، عومەر زێوەیی، حسێن بەشان مەلەکی، ئیسماعیل رەسوڵ، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، حسێن بەستەستێنی، سەنگەر هەولێری، محەمەد فەقێ ئەحمەد بابەکر ناسراو بە محەمەد بیکەیسی.

تیپەکە چەند رابەرێکی سیاسیی هەبوە لەوانە فاروق عەلی مەولود، عومەر رەسوڵ، پێشڕەو عەبدولسەمەد.

تیپەکە بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکی و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان (١٩٨٢) و ئۆپەراسیۆنەکانی ناو شاری هەولێر. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا تیپەکە رۆڵێکی کارای لە رزگارکردنی ناوچەکاندا بینیوە. پاش ڕاپەڕینیش، لە چوارچێوەی سیستمی تازەی هێزی پێشمەرگەدا، بەتالیۆنی ٦١ ی هەورێ جێی تیپەکەی گرتەوە.

بابەتی پەیوەندیدار:

*هێزی پشتیوان (ئۆپەراسیۆن).

*هەولێر (ئۆپەراسیۆن).

## هەورێ (شەڕ)

شەڕێکە لە تاتوکان لە چیای هەورێ لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ لە نێوان هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگە و هێزێکی گەورەی سوپای عیراق بە پاڵپشتی هەلیکۆپتەر. چەند هەلیکۆپتەرێکی سوپای عیراق لە کاتی سوڕانەوەیان بەسەر ناوچەکەدا هێزەکەی پێشمەرگەیان بینی و تەقەیان کرد، پێشمەرگەکانیش وەڵامیان دایەوە.

شەڕ لە نیوەڕۆوە تا ئێوارە درێژەی کێشا. هەلیکۆپتەرەکان لە چەند شوێنێکی چیاکە سەربازیان داگرت، بەڵام یەکێکیان لە کاتی هەوڵداندا بۆ داگرتنی سەرباز تەقەی لێ کراو بەپێکراوی لە نزیك گوندی بەرەکە کەوتە خوارێ. ئێوارە هێزەکانی عیراق کشانەوەو هێزی پێشمەرگەش بۆ گوندی ئەسپیندار کشایەوە. لەم شەڕەدا تەنها یەك پێشمەرگە بە سوکی بریندار بوو.

هێزە هاوبەشەکەی پێشمەرگە بریتی بوو لە مەفرەزەیەکی سەعدی عەزیز فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، مەفرەزەی سلێمان بیریێژی، مەفرەزەی سەید کاکەو مەفرەزەیەکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە مەلا بەختیار، محەمەد عەجەم، سەید کەریم هاودیانی، شاخەوان عەباس، سامان گەرمیانی، سامی قادر ئەحمەد ناسراو بە نەریمان، جەمال ئەحمەد خۆشناو ناسراو شێرزاد، زرار مەجید ناسراو بە هێمن، عەبدوڵڵا سابیر ناسراو بە جەعفەر، سابیر ئەحمەد ناسراو بە سمکۆ، دلێر کانی لەلەیی، عادل شوکر و عەبدولکەریم حسێن ناسراو بە کاوە مەخموری.

هەورێ: زنجیرە چیایەکە لە ناوچەی خۆشناوەتی، کەوتۆتە نێوان دۆڵی هیران و دۆڵی بالیسان.

## هەورێ (شەڕ)

شەڕێکە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزێکی سوپای عیراق کە هێرشی هێنابووە سەر پێشمەرگە

لە چیای هەورێ لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧. لەم شەڕەدا ٥٠ سەرباز زیاتر کوژران و بریندار کران و ٥ هەلیکۆپتەریش پێکران. زیانی پێشمەرگە شەهیدبوونی مەلا حاجی رەسوڵ بوو کە خەڵکی قوشتەپەیە.

## هەولێر (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنێکە لە ناو شاری هەولێر، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لە شەوی ٢ لەسەر ٣ی ئەیلولی ١٩٨٥ ئەنجامیان داوە. لەم ئۆپەراسیۆنەدا هێزی پێشمەرگە شەو تا بەیانی کۆنترۆڵی بەشێکی شاری هەولێری کردو دەستی بەسەر هەردوو گەڕەکی کوردستان و ماجیداوادا گرت و رێگای هەولێر- دیبەگەی بڕی.

پاش کۆنترۆڵ کردنی رێگای هەولێر- دیبەگەو پاکتاوکردنی هێزەکانی سوپای عیراق لە باشووری هەولێر، هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر هەردوو گەڕەکی کوردستان و ماجیداوادا گرت. لە ناو شاریش پێکدادانێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزی کۆماندۆی عیراق روویداو لە سەرەنجامدا هێزەکانی عیراق زرێپۆشیان خستە گەڕ. شەڕ بۆ ماوەی سێ سەعات درێژەی کێشاو هێزەکانی عیراق زیانێکی گەورەیان لێ کەوت.

لە شەڕەکەدا زیاتر لە ١٥٠ سەربازی کۆماندۆ کوژران و دەیان سەربازیش بریندار بوون، چەند ئۆتۆمبێل و زرێپۆشێکیش سوتێنران یان تێك شکێنران. هێزی پێشمەرگە بە چوار برینداری سوکەوە لە شار کشایەوە. ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەدا رایگەیاند کە ئەم ئۆپەراسیۆنە لە تۆڵەی شەهید و بێسەرو شوێن کردنی ٨ هەزار بارزانی ئەنجام دراوە.

## هیران (ئۆپەراسیۆن)

ئۆپەراسیۆنی گرتنی شارۆچکەی هیران لەسەر دەستی هەردوو تیپی ٨٥ی بەڕانەتیو ٩١ی سەفین و بەرپەرچدانەوەی هێرشی هێزەکانی عیراق لە ماوەی نێوان ٦-١٦ی ئەیلولی ١٩٨٧. لە٥ی ئەیلولدا تیپەکانی ٨٥ی بەڕانەتیو ٩١ی سەفین هێرشیان کردە سەر هێزەکانی عیراق لە شارۆچکەی هیران و ناچاریان کردن بەرەو شەقڵاوە پاشەکشە بکەن. بەمجۆرە، دەستیان بەسەر تەواوی شارۆچکەکەو گردەکانی دەوروبەریدا گرت و دواتریش دەستیان بەسەر کەپکی شیلانەی چیای سەفیندا گرت. دوای ئەوەش کە هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر لوتکەی گەروتەدا گرت کە هەڵکەوتێکی ستراتیجیی هەیە، ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا کە تا نزیك شەقڵاوە هێزەکانی عیراق راو بنێ.

لەم سەروبەندەدا هێزەکانی عیراق کەوتنە خۆسازدان بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی چەواشە بۆ سەر هیران و دۆڵی سماقولی. هێزەکانی کە هێرشەکەیان پێ سپێردرابوو بەربڵاوو گەورە بون، پێکهاتبون لە هێزێکی گەورەی جاش، تیپی ٤٥ی لەشکری پێنجەم کە بە هێزەکانی تەلحە ناسراوە، لیوایەکی کۆماندۆی لەشکری پێنجەم، تیمی هەندەسەی لەشکر، سێ تیمی تۆپخانەی قورس، تیمێکی موشەك و سێ تیمی زرێپۆش و تانك. هێرشەکە لە٦ی ئەیلولدا لە چوار قۆڵەوە، بەسەرپەرشتیی راستەوخۆی وەزیری بەرگریی عیراق عەدنان خێروڵڵا، ئەنجام درا: لە قۆڵی گۆمەتاڵەوە بەرەو زنجیرەی چیاکانی بنەباوێ. لە قۆڵی سەری رەش- دەربەندی گۆمەسپانەوە بەرەو گوندەکانی سوسێو سولاوك. لە قۆڵی چیای سەفینەوە بەرەو کەپکی شیلانەو بەرزاییەکانی کە دەڕواننە سەر هیران. لە قۆڵی شەقڵاوەوە بەرەو هیران.

لەو ماوەیەدا هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لە هیران کۆ ببۆوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشە چاوەڕوانکراوەکەی هێزەکانی عیراق. هێزەکان بریتی بون لە تیپەکانی ٨٣ی هەورێ، ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوغ، ١٩ی کۆڕەك، ١٢ی سۆران، ٧٨ی کاروخ، ٩٠ی باواجی، ٩١ی سەفین، ٩٣ی کۆیەو ٩٩ی بیتوێن، سەرباری بەتالیۆنی ٣١ی ئازارو بەتالیۆنی پێنجەمی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هێزی باواجیی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و چەند دەستەیەکی لیژنەی ناوچەی هیران و کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان.

شەڕ هەموو قۆڵەکانی گرتەوە. هێزەکانی عیراق زۆر بە چڕی تانك و تۆپیان بەکار هێنا بەڵام هیچ ئامانجێکیان نەهێنایە دی‌و دواتر کشانەوە.

لە٧ی ئەیلولدا زۆر بە چڕی هەموو قۆڵەکان تۆپباران کران و هێرشی سەخت کرایە سەر قۆڵەکان و فڕۆکە جەنگییەکان سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بە بۆمبی هێشویی داکوتا.

شەو تیپەکانی ٧٨ی کاروخ و ١٩ی کۆڕەك بۆ کەم کردنەوەی گوشار لەسەر بەرەی هیران، لە ناوچەی دەرگەڵە هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجێکی جاشەکان و ٣ رەبیەی سەر بە هێزەکانی فەهدو ٧ رەبیەی دۆڵی خانەقا لە ناوچەی نێوان لۆفەکانی چیای گۆجاڕو گردی میر سەلیم و توانییان دەست بەسەر بارەگای فەوجەکەو هەر دە رەبیەدا بگرن. هێرشەکە کوژرانی ٧٥ جاش و بە دیل گرتنی ٦ جاشی لێ کەوتەوە.

لە٨ی ئەیلولدا هێزەکانی عیراق دوای پێشڕەوی کردن بە ئاراستەی گوندی زیارەت و گرتنی هەندێ بەرزایی، هەوڵی گرتنی چیای بنەباوێیان دا بەڵام لەم قۆڵە هیچیان پێ نەکرا. لە٩ی ئەیلولدا لیوایەکی گاردی کۆمار بە پاڵپشتی جاشەکان هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. لیواکە زیانێکی زۆری پێ گەیی‌و هیچ ئامانجێکی وەدەست نەهێنا.

شەڕ تا ١٤ی ئەیلول درێژەی کێشا بەبێ ئەوەی هێزەکانی عیراق هیچ ئامانجێکی داواکراو بەدەست بێنن. لە١٥ی ئەیلولدا گاردی کۆمارو چەند لیوایەکی کۆماندۆو زێدەتر لە ١٥ فەوجی جاش هێرشیان کردە سەر چیای بنەباوێ کە دەڕوانێتە سەر رێگای دێگەڵە- دەربەندی گۆمەسپان و توانییان تا ئێوارە دەست بەسەر چەند بەرزاییەکدا بگرن.

شەو هێزی پێشمەرگە لە بنەباوێ کشایەوەو سەنگەری لەشوێنی لەبارتر لێدا. لە١٦ی ئەیلولدا هێزەکانی عیراق هێرشیان بەئاراستەی هەردوو گوندی کرۆژو سماقوڵی کرد. تیپەکانی ٧٨ی کاروخ و ٩٠ی باواجی و ٩٩ی بیتوێن و هێزی باواجیی حزبی سۆسیالیست بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوەو شەڕێکی دەستەویەخەیان لەگەڵ هێزە پەلاماردەرەکاندا کردو دواتر هێرشێکی چەواشەیان کردە سەریان‌و راویان نان. لەدرێژەی راونانەکەدا هێزی پێشمەرگە درێژەی بە پێشڕەوییەکانی خۆی دا، چیای بنەباوێی لە هێزەکانی عیراق سەندەوەو هێزەکانی عیراقی بە ئاراستەی هەولێر ناچاری پاشەکشە کرد. هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر بڕێکی زۆر تەقەمەنی‌و خۆراك و دوو زیل و بڕێکی زۆری گوللە تۆپ‌و موشەکی تانك و گوللەی ئارپیجیدا گرت. مەیدانی شەڕ دەیان لاشەی کوژراوی دوژمنی لێ کەوتبوو. هێزی پێشمەرگە تا نزیك رێگای هەولێر- کۆیە پاڵی بە هێزەکانی عیراقەوە نا.

## هێرش (کۆمیتەی رێکخستن)

کۆمیتەیەکی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە، سنوری چالاکیی هەردوو پارێزگای

هەولێرو کەرکوکی گرتۆتەوەو لە هەمان کاتدا جۆرە سەربەخۆییەکی لە ڕاییی کردنی کارەکاندا هەبووە، چونکە نە سەر بە کۆمیتەی هەولێر بوو نە سەر بەکۆمیتەی ئاگر بوو لە کەرکوك، بەڵکو راستەوخۆ سەر بە ناوەندی کۆمەڵە بوو. مێژووی پێکهێنانی بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، کاتێك ئەو هێڵانەی ڕێکخستن کە راستەوخۆ سەر بە ناوەندی کۆمەڵە بوون، پەرەیان سەندو جموجوڵیان زیادی کرد، بۆیە لە دواییدا بڕیار درا کۆمیتەیەکیان بە ناوی کۆمیتەی هێرشەوە لێ پێك بێ.

لێپرسراوی کۆمیتەکە خالید فەقێ محەمەد رەسول بوو، ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە نامیق عومەر، عادل شەریف و عەبدولقادر محەمەد عومەر.

هەر ئەو ساڵە، کۆمیتەکە بڕیاریدا پەرە بە هەڵسوڕانی خۆی بداو دەست بە ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانەو کاری تەقینەوە بکا لە ناو شاری هەولێر لە دژی کاربەدەستان و دامودەزگاکانی رژێمی بەعس. ئەندامانی کۆمیتەکە لەو کەرەستانەی لەبەر دەستیاندا بوو بۆمبیان دروست کردو ئەجێندای کارەکە بەو جۆرە دابەش کرا کە عادل شەریف لە کەرکوك لە دوکانێکی ئاسنگەری بەرگی دەرەوەی بۆمب دروست بکا، عوسمان رەحمان محەمەد لە کەرکوك باروتی ماددەی تی ئێن تی پەیدا بکا، عەبدولقادر محەمەد عومەریش ئەرکی دروست کردنی کەپسولی بۆمب لە تەلی باریکی تەنگستن بگرێتە ئەستۆ. یەکەم تاقیکردنەوەی بۆمبە دروستکراوەکان لەگوندی ئۆمەراوە بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا.

ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە ناو شاری هەولێر، هەندێ کێشەی لێ کەوتەوە، چونکە پەلهاوێشتنی سنوری چالاکیی کۆمیتەی هێرش بۆ ناو سنوری چالاکیی هەردوو کۆمیتەکەی هەولێر و کەرکوك شێواویی لە ڕاییی کردنی کاروبارەکانی ڕێکخستندا دروست کرد و کاریگەریی خراپی لەسەر کاروباری ڕێکخراوەیی هەردوو کۆمیتەی کەرکوك و هەولێر بەجێ هێشت. دواتر، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەکە دراو لەم رووەوە وا بە پەسند زانرا کە شانەکانی هەولێری ئەو کۆمیتەیە بخرێنە سەر کۆمیتەی هەولێرو شانەکانی کەرکوکیش بخرێنە سەر کۆمیتەی ئاگر لە کەرکوك. لە کۆبوونەوەیەکدا کە پاشان لە هەولێر لە نێوان حاجی مەمۆی لێپرسراوی کۆمیتەی هەولێر و خالید فەقێ محەمەد رەسولی لێپرسراوی کۆمیتەی هێرش ڕێك خرا، ئەم بڕیارە جێبەجێ کرا.

## هێرش (کۆمیتەی ڕێکخستن)

کۆمیتەیەکی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ساڵی ١٩٨٦ محەمەد سەعید خورشید پاش لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی کۆمیتەی رەنج، لە سلێمانی دایمەزراند. بەشێك لەئەندامان و هەڵسوڕاوانی کۆمیتەی رەنج کاریان تێدا کرد.

ناوی کۆمیتەکە لە ناوی کوڕی دامەزرێنەرەکەیەوە هاتووە کە هێرش محەمەد سەعید خورشیدە. هێرش هەڵسوڕاوێکی گورج و گۆڵی کۆمیتەی رەنج بوو، ساڵی ١٩٨١ لە کاتی پەخش کردنی بڵاوکراوەدا لە ناو سلێمانیدا، خۆی و دوو هەڵسوڕاوی تر گیران و دواتر گوللەباران کران و ساڵی ١٩٩١ تەرمەکانیان دۆزرایەوە.

کۆمیتەکە لە سەروبەندی ڕاپەڕینی ١٩٩١دا شانەی چەکداری پێك هێناو ئەندامەکانی بەشدارییان لە هێرش کردنە سەر بارەگای ئەمنە سورەکەی سلێمانیدا کرد. دواتر، لە کاتی ئامادەکردنی هێز بۆ رزگارکردنی کەرکوك، کۆمیتەکە ٥٥ چەکداری بەئەزمون و شارەزای نارد کە ئەوانە لە ناو کۆڵانەکانی کەرکوك شەڕیان کردو ئازایەتییەکی زۆریان نواند.

## هێرۆ (چالاکیی هێزی پێشمەرگە)

چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەیە لە یەکی تەموزی ساڵی ١٩٧٧ لە ناحیەی هێرۆ سەر بە قەزای پشدەر لە پارێزگای سلێمانی. بەپێی زانیارییەکانی هێزی پێشمەرگە، هێزێکی سوپای عیراق بە شێوەیەکی کاتی لە هێرۆو دەوروبەری جێگیر کرابوو بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکە لە کاتی ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتواندا. بەشێکی هێزەکە لە بنکەی پۆلیسی ناوچەکە جێگیر کرابوو، دوو ڕەبیەکەی سەروی بنکەکەش هێزیان لێ دانرا بوو.

بە پێی نەخشەی دانراو، بڕیار درا بە فەرماندەیی تالیب ڕۆستەم لە سێ قۆڵەوە هێرش بکرێتە سەر هێزەکەی دوژمن: قۆڵی یەکەم بە فەرماندەیی عەلی سۆفی ئەحمەدو خدر مەولان بۆ سەر ڕەبیەکەی شاخە ڕەشی هێرۆ کە دەڕوانێتە سەر سنوری عیراق - ئێران، قۆڵی دووەم بە فەرماندەیی تالیب ڕۆستەم و هەمزە شێنێیی بۆ سەر ڕەبیەکەی خوارتر. قۆڵی سێیەم بە فەرماندەیی شەعبان گێچینەییو محەمەد حاجی خدر بۆ سەر بنکەی پۆلیسەکە کە هێزەکانی ناوی، تێکەڵە بون لەپۆلیس و سەرباز. لەبەر بەربڵاویی مەیدانی هێرشەکە، بڕیار درا پاش ئەوەی کە هەر گروپێك ئەرکەکەی بە ئەنجام دەگەیەنێ، هەمویان لە هەواری مێرگە دریژان یەک بگرنەوە.

چالاکییەکە بەو جۆرە جێبەجێ کرا کە نەخشەی بۆ دانرابوو. هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر ئامانجە دیاریکراوەکان شەو سەعات ٢١ دەستی پێ کردو بووە مایەی ئەنگاوتەیەکی زۆر لە ڕیزی دوژمنداو دروستبونی پشێوی. بەشێکی زۆر لەئەنگاوتەکانی ناو سەربازو پۆلیسەکان بەهۆی ئەو پشێوییەوە بوو کە کەوتە ناو هێزەکانی دوژمنەوەو بە هۆیەوە ڕەبیەکەی سەرەوەو هێزەکانی ناو بنکەی پۆلیس کەوتنە تەقەکردن لە یەکتری.

لەم چالاکییەدا هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی نەبوو. ئەو هێزەی چالاکییەکەی ئەنجام دا لە١٨ پێشمەرگە پێکهاتبوو. چەکە بەکارهێنراوەکان بریتی بون لە کلاشنکۆف، ئاربیجی، بڕنەوی پەرەشوت و ڕەشاش بڕنەو. ڕێکخستنەکانی ناو هێرۆ کە حسێن ڕەسول هێرۆیی سەرپەرشتیی دەکردن، ڕۆڵێکی گەورەیان لە دابین کردنی زانیاریی پێویست بۆ هێزی پێشمەرگە گێڕاو تا پێش دەستپێکردنی هێرشی پێشمەرگە، ئەندامێکی ڕێکخستن وەك شارەزا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بوو.

بەیانییەکەی، چەند هەلیکۆپتەرێك بەسەر ناوچەکەدا سوڕانەوەو کەوتنە بۆردومان کردنی دەوروبەری هێرۆو شاخە ڕەش.

## هێزی پشتگیری

میلیشیای گوندەکان. دەستەواژەیەکی تایبەت بە میلیشیای چەکداری گوندەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی عیراقە، لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شوباتی ١٩٨٥وە دەست بە بەکارهێنانی کراوە.

هێزی پشتگیری لە دانیشتوانی گوندەکان و سەربازە راکردووەکان پێکهاتبوو. زۆرتر لە کاتی هێرش کردنی هێزەکانی سوپای عیراق بۆ سەر گوندەکان دەردەکەوت و شان بە شانی هێزی پێشمەرگە بەرگریی لەگوندەکان دەکرد، بەڵام هەندێ لە چەکدارەکانی بەشدار دەبوون لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا. ئەم هێزە سەرکردایەتییەکی دیاریکراوی نەبوو، جگە لە ئامانجی پاراستنی گوندەکان لە هێرشەکانی سوپای عیراق ئامانجی تری نەبوو. ئەندامەکانی پابەند نەبوون

به هێزی پێشمەرگەوە، بەڵام کاتێك بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەشدار دەبوون لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، پابەندی پێداویستییە عەسکەرییەکان و ملکەچی هێزی پێشمەرگە دەبوون. لە زۆربەی ئەو شوێنانەدا کە هێزی پشتگیریی تێدا پەیدا بوە، ئەم هێزە رۆڵێکی کارای لە پاراستنی ناوچەکان و پشتگیری کردنی هێزی پێشمەرگەدا گێڕاوە، بەڵام لە شەڕدا هیچ رۆڵێکی سەربەخۆی نەبوو.

بە کردەوە، ئەم جۆرە میلیشیایە لە ساڵی ١٩٧٦ەوە هەبوو. کاتێك هێزەکانی سوپای عیراق دەستیان بە پرۆسەی راگواستنی گوندەکانی سەر سنور کرد، میلیشیاکانی خێڵەکان شانبەشانی هێزی پێشمەرگە بەرپەرچی پرۆسەی راگواستنیان دایەوەو شەڕی گەورەیان لەگەڵ سوپای عیراقدا کرد. بە بەراورد، چەکدارەکانی هێزی پشتگیریی ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان هۆشیارترو پارتیزانتر بوون و ئاستی هەماهەنگییان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا باڵاترو رێکوپێکتر بوو.

## هێزی پشتیوان (ئۆپەراسیۆن)

دەستەواژەیەکە زۆرتر رادیۆی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتیی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو بەکاری هێناوە بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو هێزانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پشتگیریی هێزەکانی حزبی دیموکرات بۆ ناوچەکانی نێوان سەردەشت و ئاڵوەتان ناردبووی.

لەو کاتەدا سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سیاسەتێکی دۆستانە نەبوو، هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان ئێران و یەکێتیدا نەبوو. ئێران زۆرتر پشتگیریی بەرەی جودی دەکردو پێشتر دەستی بەسەر ئەو چەکەدا گرتبوو کە لە لیبیاوە بۆ یەکێتی نێردرابوو. بڕی چەکەکە نزیکەی حەوت هەزار پارچە چەك دەبوو. لە لایەکی ترەوە، ئێران لە پێشڕەوییەکانیدا لە کوردستان، تەنگی بە هێزەکانی حزبی دیموکرات هەڵچنی بوو و خەریک بوو گوشاری دەخستە سەر رێگای سەرداشت - خانە و بە هۆی ئەمەوە مەترسی لەسەر بارەگای مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکرات لە گوندی شیوەجۆی بەری گەورکان دروست ببوو. یەکەم داوای پشتیوانی، لە ئابی ١٩٨٢ پێشکەش بە یەکێتی کرا، کاتێک عەبدوڵڵای حەسەن زادەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکرات، سەردانی توژەڵەی کرد و چاوی بە تاڵەبانی کەوت و داوای پشتیوانیی لە یەکێتی کرد.

حزبی دیموکرات پێویستی بەکات بوو بۆ گواستنەوەی بارەگاکانی بۆ ناو خاکی عیراق، بۆیە دەیویست تا بەهاری داهاتوو بەرگری لە ناوچەکانی بکات و رێ لە پێشڕەویی هێزی پاسداران بگرێ. لە ١٥ی ئەیلولدا کۆبوونەوەیەك لە ناوزەنگ لە نێوان تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، عەزیز محەمەد سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق و قاسملو بەسترا، تێیدا قاسملو داوای پشتیوانیی چەکداری لە هەردوولا کرد. عەزیز محەمەد بەپیر داواکەوە نەچوو، بەڵام تاڵەبانی هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری پشتگیری کردنی حزبی دیموکراتی دا. دەستبەجێ پاش کۆبوونەوەکە، هێزێکی بچوکی پشدەر بە فەرماندەیی عەلی بچکۆل و هێزێکی تر بە فەرماندەیی عومەر عەبدوڵڵا بۆ بەرەکانی شەڕ نێردران و بۆ رۆژانی دواتر هێزێکی زۆرتر لە مەڵبەندەکانەوە بانگ کران. لە کۆتاییدا یەکێتی نزیکەی دوو هەزار پێشمەرگەی بۆ پشتگیری کردنی هێزەکانی حزبی دیموکرات تەرخان کرد. لە سەرەتادا ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئۆپەراسیۆنەکە بە عومەر عەبدوڵڵا سپێردرا، بەڵام

پاش زیادبوونی فشاری هێرشی سوپای پاسدارانی ئێران و فراوانبوونی بەرەکانی شەڕ، تاڵەبانی خۆی بۆ سەرپەرشتیکردنی ئۆپەراسیۆنەکە تەرخان کرد، چوو بۆ شەڕگەکان و بارەگای لەگوندی ساوێن دانا.

هێزی پشتیوان لە بەشێکی زۆری شەڕەکاندا بەشداریی کردو بەرپەرچی هێرشەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانی دایەوە. ئەم هەماهەنگییەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نزیکەی شەش مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا حزبی دیموکرات لە چوارچێوەی پاشەکشەیەکی ڕێکوپێکدا توانی بارەگای مەکتەبی سیاسی و ئێستگەکەی و هەموو دیکۆمێنت و کەلوپەلەکانی بۆ بێتوش و قەڵادزێ بگوازێتەوە. پاش ئەوەی کە بەفرێکی زۆر باری و شەڕەکان لە مانگی تشرینی دووەمدا وەستان، یەکێتی زۆربەی هێزەکانی کێشایەوە، حزبی دیموکراتیش بڵاوەی بە هێزەکانی کرد. لەو ماوەیەدا رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان زنجیرە وتارێکی بە ناونیشانی «ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یان چەند مەسەلەیەکە؟» بڵاو کردەوە، تێیدا پێ لەسەر ئەوە داگیرا کە مەسەلەی کورد لە هەموو پارچەکاندا یەك مەسەلەیەو تێکۆشەرانی هەر پارچەیەك دەبێ ببن بە پشت و پەنا بۆ تێکۆشەرانی پارچەکانی تر.

بەهاری ساڵی پاشتر، هێزەکانی ئێران بەبێ شەڕ ئەو ناوچانەیان گرت کە دەیانویست بیگرن. لەم سەروبەندەدا، سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیاریدا بارەگاکانی ناوچەی سەرکردایەتیی بڵاوە پێ بکا و بۆ شوێنی دوور لە مەترسی بیانگوازێتەوە چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو ئێران بەرەیەکی تری شەڕ لەو ناوچەیە لە دژی عیراق بکاتەوە. ئەوەش دەبووە مایەی ئەوەی کە بارەگاکانی سەرکردایەتی بکەونە نێوان هێزەکانی ئێران و هێزەکانی عیراق.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا هەماهەنگییەکی نەتەوەیی لەسەر ئاستێکی باڵا هاتۆتە دی.

لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا هێزی پێشمەرگەی یەکێتی ١٤ شەهید و ٣٠-٤٠ برینداری هەبوو. لە ناو تیپەکاندا تیپی ١١ی هەورامان لە هەموو تیپەکانی تر زیاتر شەهیدی هەبوو. ژمارەی شەهیدەکان بەم جۆرە بەسەر تیپەکاندا دابەش بووە: تیپی ١١ی هەورامان ٥ شەهید، تیپی ٥١ی گەرمیان دوو شەهید، تیپەکانی ٣٣ی سلێمانی و ٤٣ی ئاسۆس و ٢١ی کەرکوك و ٥٧ی سەگرمە و ٨٣ی هەورێ و ٣٧ی شارباژێر و ١٢ی سۆران هەر یەکەیان شەهیدێکی هەبوو. بەپێی لێپرسراوەتی، لە شەڕەکاندا هێزی پێشمەرگە یەك فەرماندەی کەرت، یەك جێگری فەرماندەی کەرت، ٣ فەرماندەی مەفرەزەو ٩ پێشمەرگەی لێ شەهید بووە. شەهیدەکان لە ماوەی نێوان ٩ی تشرینی یەکەم و ٢٢ی تشرینی یەکەمدا شەهید بون.

**لیستی ناوی شەهیدەکان:**

١- فەیسەڵ مەلا عەلی، فەرماندەی کەرت لە تیپی ١١ی هەورامان، لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

٢- تالیب حاجی عەبدوڵڵا، جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ.

٣- سەعدی ئەبوبەکر، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ١١ی هەورامان، لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

٤- فاتیح مستەفا، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ١١ی هەورامان، لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

٥- عومەر حەمە عەلی، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ١١ی هەورامان، لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

٦- عیززەددین محێدین، پێشمەرگەی تیپی

١١ی هەورامان، لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

٧- مستەفا عەلی، پێشمەرگەی تیپی ٣٣ی سلێمانی، لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

٨- قادر حەسەن، پێشمەرگەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس، لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

٩- عەدنان عومەر رەسول، پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوك، لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

١٠- فاتیح رەئوف، پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمە، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

١١- سەردار حسێن عەبدوڵلا، پێشمەرگەی تیپی ٨٣ی هەورێ، لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ شەهید بووە.

١٢- سەربەست ئەحمەد، پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران.

١٣- حسێن جگەرە، پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان.

١٤- محەمەد خدر، پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان.

## هێزی پێشمەرگەی ژنان

هێزێکی تایبەت بە ژنانە کە بەشێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکدێنێ. سەرەتای بیرۆکەی پێکهێنانی هێزێکی تایبەت بە ژنان بۆ ساڵی ١٩٩٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵە کردبوو و پلانی هێرشێکی ستراتیجیی بۆ گرتنەوەی هەموو ئەو ناوچانە دانابوو کە لە ئاب و ئەیلولی ١٩٩٦دا، پاش هاوپەیمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و رژێمی عیراق، لە دەستی دابون. لەو کاتەدا، ژمارەیەك کادیری ژن لەوانە کافیە سلێمان، گەلاوێژ جەباری، گوڵاڵە عەزیز میرزا کەریم، پەخشان جەلال حەفید و دڵپاك تاهیر، لە قاسمە رەش داوایان لە تاڵەبانی کرد رێیان پێ بدا بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بکەن و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بکەن. بەڵام لەبەر کەم ئەزمونییان لە کاروباری شەڕدا، تاڵەبانی رێی پێ نەدان.

پاش سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە و سەندنەوەی زۆربەی هەرە زۆری شارە لەدەستدراوەکان، تاڵەبانی لەیەکەم کۆبونەوەی لەگەڵ کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب لە مەڵبەندی ١ی رێکخستنی سلێمانی، ئاماژەی بە پێشنیارەکەی پێکهێنانی هێزی



پێشمەرگەی ژنان دا و ڕەزامەندیی لەسەر نیشان دا.

لە ١١ی تشرینی دووەمدا یەکەم مەفرەزەی هێزی پێشمەرگەی ژنـان لـە بـارەگـای مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی سلێمانی دەستی بە مەشق و ڕاهێنان کرد. لە ١ی کانونی یەکەمدا لە کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ کادیرەکانی مەڵبەند، تاڵەبانی بە شێوەیەکی فـەرمـی پشتیوانیی لـە دامـەزرانـدنـی هێزێکی تایبەت بە ژنـان کرد. ئەم پشتیوانییە بـووە هاندەر بۆ کاراکردنی هەوڵەکانی دروستکردنی ئەم هێزە. لە هەوڵە بەراییەکاندا هێزەکە بە ١٦ پێشمەرگەی ژن دەستی پێ کرد.

هێزەکە لەسەر دەستی ژمارەیەك کادیری ژن پێك هێنرا لەوانە کوێستان عەبدوڵڵا، گێلاس محێدین، نەسرین جەمال، دڵپاك تاهیر، کەلسوم کەریم حسێن و مەهاباد محەمەد.

ساڵی ١٩٩٧ هێزی پێشمەرگەی ژنان، بەشێوەیەکی فەرمی، وەك هێزێکی سەر بە وەزارەتـی پێشمەرگە دامەزرا. ژمارەیەك لە ژنانی ئەو هێزە، بەشدار بون لـە خولێکی کۆلیجی سـەربـازیـی قـەڵاچـوالانـدا و ژمارەیەکیان لە کۆلیجەکە پلەی ئەفسەریان بەدەست هێنا.

لـەم سـەروبـەنـدەدا هەوڵێکی زۆر بۆ پەرەپێدانی هێزی پێشمەرگەی ژنان درا و هەندێک لە ژنانی هێزەکە بەو ئومێدەوە بوون کە هێزەکە پەرە پێ بدەن و بیکەن بە لەشکر، بەڵام ئەم ئومێدە لەبەر چەردەیەک هۆ زۆر تەگەرەی هاتە بەر ڕێ.

گەورەترین و دیارترین بەشداریی هێزی پێشمەرگەی ژنان لە ئۆپەراسیۆنی سوپاییدا، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ هاتە دی، کاتێک ٩٠ پێشمەرگەی ئەم هێزە لە دۆڵی هیران بەشدارییان لە شەڕەکانی گەردەلولی تۆڵەدا کرد و نزیکەی یەک مانگ لە بەرەکانی شەڕ مانەوە.

لەسە ئاستی نەتەوەیی، هێزی پێشمەرگەی ژنان لە ساڵی ٢٠١٥دا، لە سەروبەندی شەڕی داعش، بەشدارییەکی دیاری لە بەرەکانی شەڕدا، لە جەلەولا و سەعدیە و کەرکوک، کرد و لە شەڕەکاندا شەهید و بریندازی هەبوو.

## هێڤی (گۆڤار)




گۆڤارێکی منداڵانە وەك پاشکۆی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دەرچووە. تەنها چوار ژمارەی لێ دەرچـــووە. یـەکـەم ژمـــارە لـە ئەیلولی ١٩٩٥ دەرچووە، ژمارە ٢ لە کانونی یەکەمی ١٩٩٥و ژمارە ٣ لە ئـازاری ١٩٩٦و ژمارە ٤ کە دوایین ژمارەیە لە حوزەیرانی ١٩٩٦. هەموو بابەتەکانی گۆڤارەکە چیرۆکی وێنەداری وەرگێڕدراون.

سکرتێری نوسینی گۆڤارەکە ڕەفعەت محەمەد

یاسینە. دوو وەرگێڕ بە ناوی ئەکبەر ئەحمەد و غالب محەمەد کاریان تێدا کردووەو سەرپەرشتیاری هونەری‌و دیزاینەر بێستون فەرهاد شاکرە. هەر چوار ژمارە کە قەبارەیان نیو فولسکابە، لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر چاپ کراون.

ژمارەی لاپەڕەکانی هەر ژمارەیەك ٣٢ لاپەڕەیەو بەرگی لێ دەرچێ کەرەنگی تێدا بەکار هاتووە، لاپەرەکانی ناواخن هەر هەموی رەش و سپین.

## هێڵی گشتی

یەکێ لە سێ باڵەکە پێکهێنەرەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەگەرچی هەر حەوت ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە ساڵی ١٩٧٥ سەر بە هێڵی گشتی بون، بەڵام پەیدابونی ئەم دەستەواژەیە لە قۆناغی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا باو نەبوو. پەیدابونی دەستەواژەکە زۆرتر پەیوەندیی بەو گۆڕانکارییانەوە هەیە کە دواتر بەسەر پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هات.

ساڵی ١٩٧٥ بە هەوڵ و کۆششی تاڵەبانی کە تازە یەکێتیی نیشتمانیی لە سوریا دامەزراندبوو، پەیوەندی بە سەرکردەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرا لە ناوخۆی وڵات و پاش ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بە شێوەی کارکردن لە قۆناغی پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، هەردولا بە پێویستیان زانی‌کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بچێتە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و باڵێکی پێك بێنێ. هەمان ساڵ وتوویژی نێوان تاڵەبانی‌و عومەر مستەفا، نوێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، بەو ئاکامە گەیشت کە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان رەزامەندی لەسەر چونە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نیشان بدا. بەمجۆرە، کۆمەڵەی رەنجدەران و بزوتنەوەی سۆسیالیست دوو باڵە سەرەکییەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان پێك هێناو لەم سۆنگەیەوە یەکێتی بە کردەوە وەك رێکخراوێکی نیمچە بەرەیی خۆی نواند. پەیدابونی باڵی کۆمەڵەی رەنجدەران‌و باڵی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە ناو یەکێتیی نیشتمانی، زەمینەیەکی گونجاوی بۆ پەیدابونی باڵێکی تر پێك هێنا کە ئەندامەکانی سەر بە هیچ یەکێ لە دوو باڵەکەی تر نین.

دەرکەوتنی هێڵی گشتی وەك باڵی سێیەم، هەر لە سەرەتاوە روبەڕوی تەگەرەی راستەقینە بۆوە. هێڵی گشتی بە پێچەوانەی کۆمەڵەی رەنجدەران و بزوتنەوەی سۆسیالیستەوە هیچ تەونێکی رێکخراوەیی لە ناو وڵاتدا نەبوو و هەروەها هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوو جیهانبینییەکی رون و رۆشنی نەبوو. هەرچەند هەموو ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانی بە کردەوە لە ژێر چەتری هێڵی گشتیدا کۆ ببونەوە، بەڵام دەستەی دامەزرێنەر بەکردەوە زۆرتر وەك سەرکردایەتیی دەرەوەی وڵات خۆی دەنواند نەك وەك سەرکردایەتیی باڵی سێیەمی یەکێتی. هەرچەند لە ماوەی نێوان ١٩٧٥-١٩٧٧دا لەڕەوتی باس کردنی پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانی وەك رێکخراوێکی نیمچە بەرەیی، ئاماژە بۆ هێڵی گشتی وەك باڵی سێیەم کراوە، بەڵام ئاماژەکان بەو ئەندازەیە پتەوو تۆکمە نین کە بەڵگەی بونی باڵێکی دیارو خاوەنی رواڵەتی رۆشن و سەرکرادیەتی بن.

هەنگاونانی راستەقینە بۆ چەسپاندنی چەمکی هێڵی گشتی وەك باڵی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەیلولی ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك کۆبونەوەکانی ماوەی نێوان ٣١ی ئاب و ١٢ی ئەیلول کە لە ناوچەی برادۆست بەستران، یەکەم کۆمیتەی سەرکردایەتی و یەکەم مەکتەبی سیاسییان تێدا پێك هێنرا. لەپێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا

کار سیستمی سێ باڵ کرا. لە شێوەی پێکهێنانی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بە ڕونی دان بەوەدا نرا کە هێڵی گشتی باڵی سێیەم پێك دێنێ. کورسییەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە یەکسانی بە سەر هەر سێ باڵدا دابەش کران.

لە کۆبونەوەکانی برادۆستدا کۆمیتەی سەرکردایەتی بە سکرتێری گشتییەوە لە ١٩ ئەندام پێك هات و هەر یەکێ لە سێ باڵەکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزوتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتی شەش نوێنەریان لە کۆمیتەکەدا بەرکەوت. لەم پێکهاتەیەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا، نوێنەرانی هێڵی گشتی هەر یەک لە دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل موراد، عەبدولرەزاق عەزیز میرزا، عومەر شێخموس، دکتۆر کەمال فوئاد و حسێن بابە شێخ بوون. بەڵام لە مەکتەبی سیاسیدا هێڵی گشتی هیچ نوێنەرێکی بۆ دیاری نەکرا چونکە هەر شەش نوێنەرەکەی هێڵی گشتی لە دەرەوەی وڵات بون. لە سەروبەندی کۆبونەوەکاندا، نەوشیروان مستەفا کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لە هێڵی گشتییەوە گوێزرایەوە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەران و لە کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بووە یەکێ لە نوێنەرەکانی کۆمەڵە.

لە دووەم کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەگوندی نۆکان لە مانگی نیسانی ١٩٧٨، هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر لێپرسراوەتییەکانی نوێنەرانی هێڵی گشتیدا نەهات.


ساڵی ١٩٧٩ باڵی هێڵی گشتی لە سۆنگەی دوو هۆوە ڕۆڵێکی ئەکتیڤتری لە ناو یەکێتیدا گێڕا. هۆی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هاتنەوەی ژمارەیەکی زۆری سەرکردەو کادیرەکانی هێڵی گشتی لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان، لە ڕێگای تورکیاوە پێش روخانی رژێمی شای ئێران و لە ڕێگەی ئێرانەوە پاش روخانی رژێمی شا. هۆی دووەم پەیوەندیی بە جیابونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە هەیە کە بوە مایەی دروستبونی بۆشاییەکی گەورە لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتیدا. لە سۆنگەی ئەم دوو هۆیەوە، لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە نوێنەرانی هێڵی گشتی لە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتی پێگەیەکی باشتریان چنگ کەوت و لە پێکهاتەی مەکتەبی سیاسیش نوێنەریان پەیدا کرد.

ئەگەرچی هێڵی گشتی وەك باڵێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو نوێنەریشی لە کۆمیتەی سەرکردایەتیو هەروەها لە مەکتەبی سیاسیدا هەبووە، بەڵام هێڵی گشتی بە کردەوە هیچ ئۆرگانێکی سەرکردایەتیی جێگیر و دامەزراوەیەکی سەربەخۆی راگەیاندنی نەبوو، هەر وەك هیچ بڵاوکراوەیەکی خولەکیی نەبوو کە گوزارشت لە تێڕوانین و بۆچونەکانی بکا. ئەندامانی هێڵی گشتی بە بەراورد لەگەڵ ئەندامانی دوو باڵەکەی تر، لیبرالتر بون و جیهانبینییەکی دیاریکراوو ڕۆشن کۆی نەدەکردنەوە. کوردایەتی بە مانا کلاسیکییەکەی بیری زاڵی ناو سیستمی بیروباوەڕی هێڵی گشتی پێکدێنێ کە تێیدا ئەندامەکان هیچ کۆت و بەندێکی ئایدیۆلۆژییان لەسەر نەبووە.

ساڵی ١٩٨٢ لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی هێڵی گشتی وەك باڵی سێیەم سەری دەرهێنا. لە ڕەوتی مشتوماڵ کردنی بیرۆکەکەدا، مەسەلەکە لەسەر ئەوە گیرسایەوە کە بزوتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی تازەدا یەك بخرێن. لە مانگی ئاب بەدواوە، زنجیرەیەك کۆبونەوە لە نێوان نوێنەرانی هەردوو باڵ بۆ یەکگرتنەوە و پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نوێ بەڕێوە چوو. لە ئەیلولدا هەردوو باڵ لەسەر هەموو پێداویستییەکانی یەکگرتنەوە ڕێك کەوتن و لە١١ی ئەیلولدا دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیان ڕاگەیاند. لێرە بەدواوە یەکێتیی نیشتمانیی لەسەر بنەمای ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی خاوەنی

دوو باڵ کاروباری ناوخۆیی خۆی ڕێك خست و ئەم ڕەوشە تا ساڵی ١٩٨٩ بەم شێوەیە مایەوە.

## هیوا چیمەنی*



فەرماندەی کەرت. ناوی تەواوی عەبدولڕەحمان ئەحمەد کەریم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٢ی گوندی چیمەنی شەهیدان لە ناوچەی کەرکوك. لە خوێندندا قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. پاش چوار ساڵ کارکردن لە ناو ڕێکخستنەکاندا، بڕیاریدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکاو لەم سەروبەندەدا لە تیپی ٢١ی کەرکوك بووە پێشمەرگە. لە٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٨٢دا بەشداریی لەیەکەم چالاکیی پێشمەرگانەدا کرد، کاتێك هێزی پێشمەرگە هێرشی کردە سەر بازگەی کەرکوك ـ سلێمانیو دەستی بەسەردا گرت. ئەم چالاکییە لە کەرکوك و تەواوی ناوچەی گەرمیان دەنگی دایەوە. لەم چالاکییەدا چیمەنی، سەرەرای بەشداریی، ڕێپیشاندەری هێزەکە بوو بۆ گەیشتن بە بازگەکە.

دوای ئەم چالاکییە کرایە فەرماندەی مەفرەزەو پاشتریش بووە فەرماندەی کەرت. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەکی زۆری چالاکییەکاندا کردووە لەوانە چالاکییەکانی ناو شاری کەرکوك، شیوەسور، قەرەهەنجیرو ئۆپەراسیونە گەورەکانی لێدانی دامودەزگا نەوتییەکانی باباگوڕگوڕ (١٩٨٦)و قەیوان ـ ماوەت (١٩٨٦).

لە ئۆپەراسیونی گرتنی شارۆچکەی قەرەهەنجیردا، شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی ئازاری ساڵی ١٩٨٧ خۆیو پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی سوارە عەبدوڵڵا شەهید بون.

## هیوا عەبدوڵڵا ئەحمەد



پێشمەرگەی پارتیزان و فەرماندە. ناوی تەواوی ستار عەبدوڵڵا ئەحمەد عەلی. ناسراو بە هیوا ڕەش. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٤ی گوندی تەقتەقی سەر بە قەزای دوبز لە پارێزگای کەرکوك. خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی تەواو کردووە. تافی منداڵیو هەرزەکاریی بە شوانی و کرێکاری بەسەر بردووە.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ساڵی ١٩٨٧ بووە پێشمەرگە لە کەرتی یەکی قەڵاسێوکەی تیپی ٢٥ی خاڵخالان. ساڵی دواتر کرایە فەرماندەی مەفرەزە. لە کاتی شاڵاوی چوارەمی ئەنفالدا بەشدار بوو لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکەداو تا وەرزی هاوین بە شێوەی پارتیزانی درێژەی بە چالاکییەکانی دا لە دژی هێزەکانی عیراق لە سنوری قەڵاسێوکە. هاوین ناوچەکەی بەجێ هێشت و چووە سنوری مەڵبەندی سێ.

هەر لەو ماوەیەدا چەند مەفرەزەیەکی بچوك بۆ بەڕێوەبردنی شەڕی پارتیزانی لەو ناوچانەی کە هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەردا گرتبوو، پێك هات. لەم سەروبەندەدا ئەویش لە چوارچێوەی مەفرەزەیەکی

شەش کەسیدا بە فەرماندەیی سیروان گوگجەیی گەڕایەوە بۆ سنوری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لەوێ مایەوە.

کۆتایی ساڵ کاتێك مەفرەزە پارتیزانەکانی هەردوو تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و ٢١ی کەرکوك بۆ سەر سنور کێشرانەوە، لە گوندی بلەکێ لە سنوری ناوچەی بانە گیرسایەوە و بەشدار بوو لە پرۆسەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هێزەکان. پاش تێکهەڵکیش کردنی هێزەکانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە تیپی ٢١ی کەرکوك، کرایە جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٢١ی کەرکوك. لەو ماوەیەدا بەشدار بوو لە خولێکی فەرماندەیی لە گەیلان غەرب کە سوپای پاسدارانی ئێران بۆ هێزی پێشمەرگە سازی کردبوو. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩دا بەشدار بوو لە خولێکی تر لە قاسمە ڕەش کە تایبەت بوو بە کاری دانان و هەڵگرتنەوەی مین.

لە ئابی ١٩٩٠دا، پاش تەواو کردنی مەشق و ڕاهێنان لە خولێکی تایبەت بەشەڕی پارتیزانی لە زەڵێ، بە فەرمانەدیی مەفرەزەیەکی حەوت کەسی بەرەو بناری کۆسرەت چوو. ماوەیەك مەفرەزەکە لە دەشتی کۆیە مایەوەو پاشان پەڕییەوە سنوری خاڵخاڵان و لەوێ بنکەیەکی نهێنیی لە نزیك گوندی چۆڵکراوی چوقلیجە دانا. ژیانی پارتیزانی بە قۆناغێکی هەرە سەختی پێشمەرگایەتی دادەندرێ چونکە حکومەتی عیراق هەموو ناوچە چۆڵکراوەکانی بە ڕەبیە تەنی بۆوەو بە بەردەوامی کێومالی دەکرد. مەفرەزەکەی هیوا ڕەش لەبەر نەبونی ئازوقە، ماوەیەك لەسەر خواردنی بۆق ژیاوە. لە کانونی یەکەمدا مەفرەزەکە گەڕایەوە بۆ بارەگاکانی سەر سنورو لە قاسمە ڕەش گیرسایەوە.

ئەم ماوەیە ماوەی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕینێکی فراوان لە سەرتاسەری کوردستان. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا بەشدارییەکی کارای لە رزگارکردنی رانیە و کۆیە و کەسنەزان و بنەسلاوەدا کرد. لە کاتی بەرێوەچونی ئۆپەراسیۆنی کەرکوکدا، لە قۆڵێکدا هێرشی کردە سەر ڕەبیەکانی کەلی سێکانیان.

پاش ڕاپەڕین و دەستپێکردنی وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراق، دەست بە ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کراو لەم سەروبەندەدا کرایە جێگری فەرماندەی تیپ و دواتر کرایە فەرماندەی تیپو هێزەکەی لە سنوری شێخ بزێنی جێگیر کرا.

دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، کرایە فەرماندەی فەوجی چواری لیوای چوار لەفەرماندەیی ناوچەی کەرکوك. لە کاتی شەڕی ناوخۆدا لێپرسراوەتیی فەرماندەیی فەوجی تایبەتی کۆیەو تەقتەقی پێ سپێردرا. پاش ڕێکخستنەوەی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کرایە فەرماندەی تیپ لە لەشکری کۆیە و دواتر لێپرسراوەتیی جێگری فەرماندەی لەشکری کۆیەی پێ سپێردرا.

سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ بۆ لەشکری ٤ی هەولێر گوێزرایەوە. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ دەوروبەری سەد فەرماندەی هێزی پێشمەرگەدا، لە کۆلیجی سەربازیی قەڵاچوالان وەرگیراو دوای شەش مانگ مەشق و ڕاهێنان پلەی مولازمی بەدەست هێنا.

لە کاتی هێرشی هاوبەشی سوپای عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر هەولێر لە٣١ی ئابی ١٩٩٦، ئەو لە سنوری شاوەیس و پیرزین بوو لە دەوروبەری هەولێر و بەشدار بوو لە بەرگری کردن لە هەولێر. هەر ئەو ساڵە، پاش ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لەسەر سنور، بە پلەی جێگری فەرماندەی

لەشکر گوێزرایەوە بۆ لەشکری باباگوڕگوڕو دواتر کرایە فەرماندەی لەشکرەکە. لە کاتی بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنی یەکەمی «گەردەلولی تۆڵە» کە تێیدا هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی زۆربەی ناوچەکانیان لە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە، بەشدارییەکی کاریگەری کردو تا نزیك دێگەڵە بەشداریی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کرد.

ساڵی ١٩٩٧ کرایە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی هەولێرو پاش سێ ساڵ لێپرسراوەتیی فەرماندەییەکەی پێ سپێردرا. ساڵی ٢٠٠٣ لە ڕەوتی پرۆسەی روخاندنی رژێمی بەعسدا، ئەرکی هەماهەنگیی لەگەڵ ئەمریکییەکاندا بۆ گرتنی شاری کەرکوك پێ سپێردرا. هەر ئەو ساڵە فەرماندەییەکان لە پێکهاتەی تازەدا کران بە فەوج و ئەو کرا بە فەرماندەی فەوج.

ساڵی ٢٠٠٦ کرایە فەرماندەی لیوای کەرکوك و هەر ئەو ساڵە لێپرسراوەتیی فەرماندەیی لیوای ٢ی سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێ سپێردرا.

ساڵی ٢٠٠٨ کرایە فەرماندەی لیوای ١٦ی تیپی ٤ی سوپای عیراق و لەو ماوەیەدا لە سلێمانی و حەمرین خزمەتی کرد. ساڵی ٢٠١٣ لە فەرماندەیی هێزەکانی ٧٠ کرایە فەرماندەی لیوای ١٣٤.

ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر بازنەی کەرکوک، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

## یاسین ڕەئوف ڕەسوڵ



پێشمەرگەو دیپلۆماتکار. ناسراو بە مەلا یاسین. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی. دەرچووی ساڵی ١٩٨٢ی کۆلێجی شەریعەی زانکۆی بەغدا.

ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد. ساڵی ١٩٨٣ بووە پێشمەرگە لەکەرتی ڕێکخستنی دوکان. ساڵی ١٩٨٥ گوێزرایەوە بۆ دەستەی زیندانی ناوەندی لە بەرگەڵوو.

ساڵی ١٩٨٧ لە بەشی عەرەبیی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان وەك نوسەر و بێژەر کاری کردووە. ساڵی دواتر، دوا بە دوای ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لە ئێران، بووە لێپرساوی کاروباری ئاوارەکان لە ئۆردوگای بیزیلە. ساڵی ١٩٨٩ بوو بە لێپرساوی زیندانی ناوەندیی یەکێتی لە زەڵێ.

ساڵی ١٩٩١ لە ئۆفیسی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شەقڵاوە و قەڵاچوالان کاری کردو تا ساڵی ٢٠٠١ لەوێ مایەوە. ساڵی ١٩٩٩ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێنا. ساڵی ٢٠٠١ بووە لێپرساوی ئیدارەی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەڵاچوالان و هەر هەمان ساڵ بووە نوێنەری سکرتێری گشتی لە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە و لەم سەروبەندەدا ئەرکی سەرنوسەریی گۆڤاری «ڕێبەری پێشمەرگە»ی گرتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٢ بووە بریکاری وەزارەتی ئەوقاف لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ دکتۆر محەمەد گەزنەیی کۆلێجی کوردستانی بۆ پێگەیاندنی ئیمام و خەتیب لە سلێمانی دامەزراند. سەرباری کارکردنی وەك بریکاری وەزارەتی ئەوقاف، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ڕاگری کۆلێجەکەش بوو.

لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ بووە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە میسر.

ساڵی ٢٠١٧ بڕوانامەی دکتۆرای، بە شێوەی خوێندنی ئۆنلاین، لە زانکۆی کامبریدیج لەسەر تێزی «تازەکردنەوەی گوتاری ئاینی لە جیهانی موسڵماندا» بەدەستهێنا. ساڵی ٢٠١٩ بەشدار بوو لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بە ئەندامی کۆمیسیۆنی سەرپەرشتیاری کۆنگرە هەڵبژێردرا و ئەرکی وتەبێژی فەرمیی کۆنگرەشی پێ سپێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* ڕێبەری پێشمەرگە (گۆڤار)
* قاهیرە (ئۆفیسی پەیوەندییەکان)

## یاسین سابیر حەسەن



پێشمەرگەی دێرین و کادیری بواری پەیوەندییە گشتییەکان. ناسراو بە یاسینە ڕەش. لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ی گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووەو دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ دا پەیمانگای تەکنەلۆژیی لە کەرکوك تەواو کردووە.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٩٨٢ دوای تەواوکردنی خوێندنی لە پەیمانگای تەکنەلۆژی، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کردو لەو ماوەیەدا بەشداریی لە خولەکانی پێگەیاندنی کادیراندا کرد.

ساڵی ١٩٨٤ لە ماوەی ئاگربڕو دانوستانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقدا، بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەماهەنگیی نێوان هەردولا لە کەرکوك. پاش بە ئاکام نەگەیشتنی دانوستان و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٨٥، بووە پێشمەرگە لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان. هەر ئەو ساڵە گوێزرایەوە بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵە لە گوندی کانی توو لە بناری چیای ئاسۆس و لەوێ وەك کادیرێکی دەزگاکە کاری کرد.

پاش دامەزراندنی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان لە ساڵی ١٩٨٦ بە لێپرساوەتیی ئازاد هەورامی و دانانی بارەگای سەرەکیی لە گوندی هەرمێلەی لای گاپیلۆن و دواتریش لە گوندی چاڵاوای دۆڵی جافەتی، وەك کادیر بۆ مەکتەبەکە گوێزرایەوە. کارکردنی لەم مەکتەبە سەرەتای ئاشنایەتیی بوو بە کاروباری ئێران.

پاش ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوبژیوانیی ئێران لە تاران لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مەڵبەندی ٤ی بادینانی بە لێپرساوەتیی ئازاد هەورامی پێکهێنا و بڕیاری دا هێزێکی تایبەت بۆ بادینان بنێرێت. لەم سەروبەندەدا یاسین سابیر حەسەن لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ هێزەکە چوو بۆ بادینان و بەشدار بوو لە جێگیرکردنی بارەگای مەڵبەندو کۆمیتەکانی ڕێکخستن. لەو ماوەیەی کە لە بادینان بەسەری بردووە، بەشدار بوو لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو دەڤەرە.

ساڵی ١٩٨٨ وەك کادیر لە ئۆفیسی پەیوەندییەکان لە کرماشان کاری کرد، دواتر گواسترایەوە بۆ ئۆفیسی پەیوەندییەکان لە قاسمە ڕەش کە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ بوو. پاش پێکهێنانی لیژنەی پەیوەندییەکان بە لێپرساوەتیی غەریب عەسکەری، ئەو کرایە جێگری لێپرساوی لیژنەکەو لە هەمان کاتدا ئەرکی رایی کردنی کاروباری پەیوەندییەکانی مەکتەبی سیاسیی لەگەڵ ئێران پێ سپێردرا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٢دا بەرپرسی پەیوەندییەکان بوو لە قاسمە ڕەش و سەردەشت.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی لە ژمارەیەك

ئۆپەراسیۆن و چالاکیی هێزی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوان (١٩٨٢)، شەڕی گۆپتەپە (١٩٨٥) کە تێیدا بریندار بوو، شەڕەکانی قەیوان- ماوەت (١٩٨٦) و شەڕەکانی دۆڵی جافەتی (١٩٨٨).

ساڵی ١٩٩٢ گەڕایەوە بۆ سلێمانی و کرایە لێپرسراوی بەشی زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٤ گەڕایەوە بۆ پەیوەندییەکان و بوو بە نوێنەری یەکێتی لە ئێران، ڕۆڵێکی کاریگەری لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئێران گێڕا، بە تایبەتی لە سەروبەندی روداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦. ساڵی ١٩٩٧ گەڕایەوە بۆ سلێمانی و کرایە راوێژکاری تاڵەبانی بۆ کاروباری ئێران. هەر ئەو ساڵە گوێزرایەوە بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەو لەوێ وەك ئەندامی مەکتەب و لێپرسراوی بەشی ئێران کاری کرد. ساڵی ٢٠٠٤ خوێندنی لە کۆلیجی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێنا.

ساڵی ٢٠٠٨ دوای پێکهێنانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ئێران، کرایە لێپرسراوی مەکتەبەکە. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی خولی دووەمی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا. لەو روانگەیەشەوە کە کۆنگرە بڕیاری یەکخستنی پەیوەندییەکان و دامەزراندنی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی دابوو، مەکتەبەکانی جاران کرانە بەشی سەر بە مەکتەبە تازەکە، لەوانە مەکتەبی پەیوەندییەکانی ئێران کە وەك مەکتەبێکی سەربەخۆ هەڵوەشایەوەو بووە بەشی پەیوەندییەکانی ئێران لە مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان و یاسین سابیر حەسەن کرایە لێپرسراوی.

## یاسین سەعید جوامێر دەلۆ*



جێگری فەرماندەی تیپ. ناسراو بە جوامێر. لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گوندی دارەتوی دەوروبەری شاری هەولێر.

ساڵی ١٩٦٣ لە گوندەکەی خۆی خراوەتە بەر خوێندن و قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥ لە کۆلیجی بەڕێوەبردن و ئابوریی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە. ساڵی ١٩٧٩ پاش تەواوکردنی خوێندنی لە زانکۆ، بانگهێشتی خزمەتی سەربازی کراوە. بەو پێیەی کە دەرچوی زانکۆ بووە، بەشداریی لە خولێکی دژە فڕۆکەدا کردو بە پلەی نایاب تەواوی کرد.

مێژوی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە، بۆ ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە، کاتێك هێشتا خوێندکاری زانکۆ بوو، لە قۆناغی سەربازیدا پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ خولە عەزیز فەرحان، فەرماندەی قوەتی خۆشناوەتی، دروست کرد. هەر ئەو پەیوەندییەش بوو کە هانیدا لە قوەتی خۆشناوەتیدا، لای خولە عەزیز فەرحان، ببێ بە پێشمەرگە.

لە ئەیلولی ١٩٨١دا بەو کلاشنکۆفەوە کە لە سوپای عیراق وەری گرتبوو، بووە پێشمەرگەو لە سماقوڵی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەست پێ کرد. ساڵی دواتر، لە تیپی ٨٣ ی هەورێ کە جێی قوەتی خۆشناوەتیی گرتبۆوە، درێژەی بە ژیانی پێشمەرگایەتی دا. هەر لەو ماوەیەشدا بەشدارییەکی کارای لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیواندا کرد کە تێیدا هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی

ئێران هاوپەیمانییەکیان لە دژی پێشڕەویی سوپای پاسدارانی ئێران پێکهێنا.

ساڵی ١٩٨٣ بۆ تیپی ٩١ی سەفین گوێزرایەوەو لەوێ کرایە فەرماندەی کەرت. لەو ساڵەدا بەشداریی لە چەند ئۆپەراسیۆنێکی هێزی پێشمەرگەدا کرد لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی قەندیل و بێتواتە کە لە یەکەمیاندا هێزەکانی بەرەی جود وێران کران و تا ئەودیوی سنوری عیراق- ئێران راو نران و لە دوەمیاندا جاشەکان تێك شکێنران و دەست بەسەر بێتواتەدا گیرا.

ساڵی ١٩٨٥ کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین. لە ساڵی ١٩٨٧دا بە هۆی ئەوەی کە تیپەکە فەرماندەی نەبوو، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی تیپەکەی پێ سپێردرا تا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی فەرمی فەرماندەی بۆ دیاری دەکرێ. لەو ماوەیەدا وەك سەرپەرشتیاری تیپ، رۆڵی فەرماندەی تیپی گێڕا و ئەگەری ئەوەش هەبوو کە بە شێوەیەکی فەرمی بە فەرماندەی تیپەکە دابندرێ، بەڵام لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی عیراق، لە گوندی نازەنین شەهید بوو.

## یوسف برایم گەڵاڵەیی*



پێشمەرگە. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی ناحیەی گەڵاڵە لە پارێزگای هەولێر. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردوەو سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ بووە بە پێشمەرگە لە هەرێمی ٧ی باڵەك. بەهاری هەمان ساڵ لە شەڕی مامەڕوتە بە سەختی بریندار بووە.

ساڵی ١٩٨٢ بووە لێپرسراوی دەستەی تایبەتی پارێزگاریی حەسەن کوێستانیی ئامۆزای لە تیپی ١٢ی سۆران. ساڵی ١٩٨٥ بووە فەرماندەی کەرتی بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر. لەم ماوەیەدا بەشداریی چەندین چالاکی و شەڕی لە ناوچەکانی مامەڕوت، گەڵاڵە، کاروخ، قەندیل، دۆڵی ئاکۆیان، خۆشناوەتی، بێتواتەو دەشتی هەریردا کردوە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەك پارتیزان لە ناوچەی سۆران مایەوە. ساڵی ١٩٨٩ لە نێوان گوندی بەرزێوەو شارۆچکەی سۆراندا، خۆی و جەلال حاجی حاجی کەوتنەوە بۆسەوە، بەڵام ئازایانە لێی دەرباز بوون.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا هەموو ئەو ئەرکانەی جێبەجێ کرد کە پێی سپێردران و بەشداریی ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی کەرکوکیشی کرد. هەر ئەو ساڵە بووە فەرماندەی بەتالیۆنی ٤٦ی گەڵاڵە. دواتر لە سوپای یەکگرتووی کوردستان بووە یاریدەدەری فەرماندەی فەوجی لیوای ٣٣.

لە ١٧ی ئایاری ١٩٩٤دا لە سەرەتای شەڕی ناوخۆدا لە بۆسەیەکدا کە بۆ مەفرەزەکەی حەسەن کوێستانی دانرابوو، لەگەڵ حەسەن کوێستانی و چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوو.

## یوسف حەسەن حەویز



پێشمەرگەی دێرین و دادوەری شۆڕش. لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ی شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر. خوێندنی هەر سێ قۆناغی سەرەتایی و

## یوسف دەرگەڵەیی



مامۆستاو کادیری ڕێکخستنەکانی ناو شاری هەولێر. ناوی تەواوی یوسف ئەحمەد عەبدوڵڵا. لەدایکبوی ساڵی ۱۹٤۳ی گەڕەکی قشلەی شاری هەولێر. لە خێزانێکی هەژارو نەدار بوو کە بە ڕەچەڵەك دەچۆوە سەر دەوروبەری ڕەواندز. باوکی کرێکار بوو، بە کرێکاری بژێویی خێزانەکەی پەیدا دەکرد. ساڵی ۱۹٤۸ باوکی کۆچی دوایی کردو لەئەنجامدا حەوت سەر خێزانەکەی دەرفەتی مانەوەیان لەشار لە دەست دا و بڕیاریان دا بچنە گوندی دەرگەڵەی سەر بە شارۆچکەی ڕەواندز.

ساڵی ۱۹٥۳ لەگوندەکە خرایە بەر خوێندن و دواتر قۆناغی خوێندنی ناوەندیی لە ڕەواندز تەواو کردو پاشانیش لە خانەی مامۆستایانی هەولێر وەرگیرا. ساڵی ۱۹٥۷ لەڕەواندز پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردو پاش ساڵێك بووە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر کرایە ئەندامی لیژنەی ناوچەی ڕەواندز.

ساڵی ۱۹٦۱ خوێندنی خانەی مامۆستایانی تەواو کردو هەر ئەو ساڵە دوا بە دوای هەڵگیرسانی شۆڕش لە کوردستاندا، لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا. لە کاتی سەرهەڵدانی دوبەرەکی لە ناو سەرکردایەتیی پارتیدا، پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسیی کرد.

ساڵی ۱۹۷۰، دوا بە دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ۱۱ی ئازار کە ئاشتیی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕژێمی عیراق هێنایە دی، بۆ شاری ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ۱۹۷٤ دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، بەشداریی لە شۆڕشدا کرد. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش، گەڕایەوە بۆ هەولێرو دەستی بە خوێندن کردەوە. ساڵی ۱۹۷٦ لە کۆلێجی یاسا و سیاسەتی زانکۆی بەغدا وەرگیرا و ساڵی ۱۹۸۰ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا.

ساڵی ۱۹۸۱ لە هەولێر پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردو لە سەرەتای ساڵی ۱۹۸۲ بوو بە پێشمەرگە. لە مانگی نیساندا لەگوندی وەرتێ کە بارەگای کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێری لێ بوو، وەك دادوەر لەدادگا دەستبەکار بوو. دوای نەمانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێرو دامەزراندنی مەڵبەندەکان، بووە دادوەر لە دادگای مەڵبەندی ۳ لە وەرتێ. پاش شاڵاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە زەڵێ گیرسایەوەو لەوێش هەر لە بارەگای دادگا کاری کرد. ساڵی ۱۹۸۹ یەکێ بوو لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان.

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۹۰ لە ئێرانەوە چوو بۆ ئەڵمانیا. ساڵی ۲۰۰٤ گەڕایەوە بۆ کوردستان. ساڵی ۲۰۰٥ خرایە لیستی کاندیدەکانی یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر. هەمان ساڵ کرایە ئەندام لە مەکتەبی مافی مرۆڤ. ساڵی ۲۰۱۱ لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر.

بابەتی پەیوەندیدار:

* دادگای باڵای شۆڕش.

رومادیی پارێزگای ئەنبار دور خرایەوەو پاشان گواسترایەوە بۆ بەغدا. لەو ماوەیەدا پشتگیریی تێکەڵ کردنەوەی هەردوو باڵی پارتیی کردو لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٧١ی باڵی مەکتەبی سیاسیدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی بە ئاراستەی یەکخستنەوەی هەردوو باڵ لە چوارچێوەی یەك حزبدا گێڕا. ساڵی ١٩٧١ گوێزرایەوە بۆ هەولێر.

لەو ماوەیەدا پێگەیەکی دیاری لە جیهانی نوسیندا بۆ خۆی پەیدا کرد، هۆنراوەو وتاری سیاسیی لەگۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو کردەوەو بووەو ئەندام لە یەکێتیی نوسەرانی کورددا.

ساڵی پەیوەندی کردنی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دیار نیە بەڵام زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کە لە ساڵی ١٩٧١ یان ١٩٧٢ پەیوەندیی بەکۆمەڵەوە کردبێ. پاش ساڵی ١٩٧٥ لە ناو شار زۆرتر وەك کادیری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە هەڵسوکەوتی کردووە. ساڵی ١٩٧٦ ڕۆڵێکی کارای لە پرۆسەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا گێڕاو لەگەڵ هەر یەك لە محەمەد مەلا حسێن لە سلێمانیی‌و عەبدولقادر مەلا عومەر لە کەرکوك بووە ئەندامی لیژنەیەکی ئامادەکار بۆ فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی دامەزراندنەوەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان. لە کۆتایی هەمان ساڵ لەکۆبونەوەیەکدا کە لە پیرمام بەسترا، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دامەزراو ئەندامانی لیژنەی ئامادەکار تا کاتی بەستنی کۆنفرەنس لێپرسراوەتیی سکرتاریەتی ڕێکخراوەکەیان پێ سپێردرا. لێرە بەدواوە دەرگەڵەیی هەم وەك هەڵسوڕاوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کاری کرد هەم وەك هەڵسوڕاوی یەکێتیی مامۆستایان.

لە کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی مامۆستایان کە ساڵی ١٩٨٠ لە ناوزەنگ بەسترا، بە سکرتێری یەکێتیی مامۆستایان هەڵبژێردرا. هەروەها لە کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی مامۆستایاندا لەگوندی بالیسانی ناوچەی خۆشناوەتی لە شوباتی ١٩٨٢ بۆ جاری دووەم بە سکرتێر هەڵبژێردرایەوە.

چالاکیی‌و جموجوڵی لە هەولێر سەرنجی دەزگا ئەمنییەکانی ڕاکێشا. دوای نیوەڕۆی ٢٨ی ئایاری ١٩٨٥ مەفرەزەیەکی دەزگا ئەمنییەکان هەڵی کوتایە سەر ماڵەکەی‌و دەستگیری کرد. هەر ئەو ڕۆژە لەگرتوخانەی ئەمنی هەولێر لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا شەهید کرا. کۆنفرەنسی سێیەمی یەکێتی مامۆستایان کە پاش شەهیدبونی بە ماوەیەکی کەم لەگوندی سماقوڵیی خۆشناوەتی بەسترا، وەك ڕێزنانێك لە خەبات و تێکۆشانی، بە سکرتێری فەخریی یەکێتیی مامۆستایان هەڵیبژارد.

## یوسف زۆزانی



پێشمەرگەو کادیری پێشکەوتوو. ناوی تەواوی یوسف ئیبراهیم ئیبراهیم. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٤ی شارۆچکەی سەری کانی لە پارێزگای حەسەکە لەسوریا. بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر ناوچەی زۆزانی نزیك شاری دیار بەکر لە کوردستانی باکور. ساڵی ١٩٥٣، لە تەمەنی ٩ ساڵیدا، خرایە بەر خوێندن لە سەرێ کانی بەڵام لەپۆلی ٣دا خۆی بۆ خوێندنگەیەکی نمونەیی مەسیحییەکان گواستەوەو بۆ خوێندنی ناوەندی چووە شاری حەسەکە.

ڕەوشی کورد لە سوریاو هەلومەرجی سیاسیی سوریا بە شێوەیەکی گشتی، لە سەرەتای گەنجێتیدا

بەرەو جیهانی سیاسەت پاڵی پێوە نا. لەم سەروبەندەدا لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا، بوو بەئەندام لەپارتی دیموکراتی کوردی سوریا کە بە نهێنی کاری دەکرد. پاش تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی لە شاری حمس، لە ساڵی ١٩٦٦دا سوریای بەجێ هێشت، بۆ خوێندن روی لە یۆگۆسلاڤیا کردو دەستی بە خوێندنی بایۆلۆجی کرد. بەڵام سەرقاڵبونی بە کاروباری پڕ کێشمەکێش و گەرم و گوڕی ئەو سەردەمەی جیهانی سیاسەتو لەدەستدانی ئارەزوی خوێندنی بایۆلۆجی، وای لێ کرد مەسەلەی خوێندنی ئەکادیمی زۆر بەهەند وەرنەگرێت.

لە یۆگۆسلاڤیا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو زۆرتر بە لای باڵی مەکتەبی سیاسیدا دایشکاندو لە کۆنفرەنسی ڕێکخستنی دەرەوەی پارتی لە بەرلین، خۆیو ئەندامێکی تر نوێنەرایەتیی ڕێکخستنەکانی یۆگۆسلاڤیایان کرد. هەر لەو ماوەیەشدا چالاکییەکی زۆری لە چوارچێوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا نواندو لە خولێکی کۆمەڵەکەدا بووە سکرتێری کۆمیتەی کۆمەڵەی خوێندکاران لە یۆگۆسلاڤیا.

ساڵی ١٩٧٠ لەسەروبەندی گەرم بونی هەوڵەکانی یەکخستنەوەی باڵی مەلا مستەفاو باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، سەردانی کوردستانی عیراقی کردو هەر لەو سەردانەدا بەشداریی لە کۆنگرەی ناوپرداندا کرد کە ئامانجەکەی یەکخستنەوەی باڵی عەبدولحەمید دەروێشو باڵی عوسمان سەبریی پارتی دیموکراتی کوردی سوریا بوو. بەڵام کۆنگرەکە ئامانجی داواکراوی بەدەست نەهێناو هیچ چارەسەرێکی لێکترازانەکەی پێ نەکرا. دوا بەدوای تەواوبونی کۆنگرەکە، لە ڕێگای تورکیاوە گەڕایەوە بۆ یۆگۆسلاڤیا.

پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵە رکابەرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیریی لە پرۆژەی دروست کردنی حزبێکی چەپی کوردستانی کرد کە قەرەبوی هەڵوەشانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بکاو لەم رووەوە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیارو ناسراودا، لە دەرەوەی وڵات کەوتە گەڕ. گەوهەری پرۆژەکە دروست کردنی حزبێکی چەپ بوو بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی قۆناغی رزگاریی نیشتمانی. بەڵام پرۆژەکە هیچی لێ هەڵنەوەریو ئامانجەکەی بەدەست نەهێنا. ساڵی ١٩٧٢ گەڕایەوە بۆ سوریاو وازی لە پابەندبونی حزبی هێنا.

پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٧٥و پێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا، پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی دامەزراندو پشتگیریی سیاسەتی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کرد.

ساڵی ١٩٨٠ گیانی کوردایەتیو هەست کردنی بە لێپرسراوەتی، هانیان دا پەیوەندی بە شۆڕشی کوردستانی باشورەوە بکا. لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا چوو بۆ تارانو لەوێوە خۆی گەیاندە بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە توژەڵە و ژیانی پێشمەرگایەتیی لەوێ دەست پێکرد.

پاش ماوەیەکی کەم وەك کادیرێکی راگەیاندن لە بارەگای توژەڵەی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کەوتە گەڕ وەك نوسەر لە بەشی عەرەبیو کرمانجیی سەروو کاری کرد. ساڵی ١٩٨٢ کاتێك خولی چوارەمی رۆژنامەی «شەرارە»ی ئۆرگانی ناوەندیی یەکێتی بە زمانی عەرەبی کەوتە گەڕ، بەنوسینی وتار بەشداریی تێدا کرد. ساڵی ١٩٨٣ کرایە ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن و لە خولی شەشەمی رۆژنامەی «شەرارە»دا لە ساڵی ١٩٨٥ بوو بە سەرنوسەری رۆژنامەکە. پاش شاڵاوی ئەنفالەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە شاری سەقز لە


ئێران گیرسایەوەو بەردەوامیش بوو لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەکە. ساڵی ١٩٨٩ ئێرانی بەجێ هێشت و لە سوید گیرسایەوە.

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١و ڕزگارکردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، لە مانگی ئازاردا گەڕایەوە بۆ سوریاو لە قامیشلۆوە خۆی گەیاندە زاخۆو لەوێوە چوو بۆ سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. هەر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ سوید و دواتر بەشداریی لە یەکەم کۆنفرەنسی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا کرد. ساڵی ٢٠٠٠ گەڕایەوە بۆ سلێمانیو سەرپەرشتیی چاپی کوردستانی ڕۆژنامەی «موئتەمەر»ی ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقی کرد کە سەرۆکەکەی ئەحمەد چەلەبی بوو.

پاش ڕوخانی ڕژێمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣، لەگەڵ دەستەیەك لە لێپرسراوانو کادیرە پێشکەوتووەکانی یەکێتی چوو بۆ بەغداو ئەرکەکانی ئەوێی ڕاپەڕاند. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە شاری سلێمانی بەسترا، بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە هەڵبژێردرا و ئەرکی وتەبێژی کۆنگرەی پێ سپێردرا.

## یوسف شەریف




نوسەرو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی شاری هەولێر. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ لە کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە و ساڵی ١٩٨٠ خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە. ژیانی سیاسیی لە قۆناغی خوێندنی زانکۆ دەست پێدەکا، کاتێك لە موسڵ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو وەك کادیر لە دەزگای لێکۆڵینەوەی زانستیی سەر بە دەزگای ڕۆشنبیریی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کاری کرد. لەو ماوەیەدا لەگەڵ عەبدوڵڵا عەلی ڕەشید ناسراو بە کاکە عەبە سەرقاڵی دانانی فەرهەنگۆکی دەستەواژە سیاسیو ئابورییەکان بوو. ئەوەی کە لەم کارەیدا یارمەتیدەرو هاندەر بوو، شارەزایی تەواوی بوو لە زمانی کوردیو عەرەبیو فارسیو ئینگلیزی.

ساڵی ١٩٨٢ وەك ئەندامی دەستەی نوسەران بەشدار بوو لە دەرکردنی خولی یەکەمی گۆڤاری «ڕاپەڕین» کەگۆڤارێکی گشتییە کۆمیتەی سەرکردایەتیی هەولێر لەگوندی وەرتێ دەری کردووە. ئەم گۆڤارە لە خولی یەکەمیدا چوار ژمارەی لێ دەرچووە. هەر لەو ماوەیەشدا سەرقاڵ بوو بە وەرگێڕانی کتێبێکی لینین بە ناونیشانی «نەخۆشیی چەپڕەویی منداڵانە لە کۆمۆنیزمدا» و کتێبێکی لیوو شاو شی بە ناونیشانی «ململانێی ناوخۆی حزب». بەڵام چاپکردنی هەردوو کتێب بە هۆی هەلومەرجی سەختی پێشمەرگایەتییەوە کەوتە ساڵی ١٩٨٥و هەردوکیان وەك یەکەم و دووەم کتێبی زنجیرەی وەرگێڕان لەگوندی چالاوای دۆڵی جافەتی چاپ کران.

ساڵی ١٩٨٣ گوێزرایەوە بۆ کەرتی ڕێکخستنی چۆمانو لەوێ وەك ئەندامی کەرت ئەرکەکانی سەر شانی لە بواری ڕێکخستندا جێبەجێ کرد. لە ماوەی نێوان ١٩٨٥ ـ ١٩٨٨ لە سنوری مەڵبەندی سێ وەك




پێشمەرگە درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی دا و پاش شاڵاوی ئەنفالەکان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کشایەوە سەر سنورو دواتر لە شاری سەقز گیرسایەوە.

ساڵی ۱۹۸۹ گوێزرایەوە بۆ بارەگای مەکتەبی ڕاگەیاندن و ئەرکی سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێی گرتە ئەستۆو تا ساڵی ۱۹۹۰ بەردەوام بوو لەسەر ئەم کارە.

لەم ماوەیەدا نەخۆشیی شێرپەنجە تینی بۆ هێنا و پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا لە۲٤ی ئایاری ساڵی ۱۹۹۱ لە تاران کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کوردستان و لە شەقڵاوە بە خاك سپێردرا. هەر ئەو ساڵە شیعرەکانی کۆکرانەوەو لەدیوانێکدا بە ناونیشانی «زەمانی لم» لە چاپخانەی برایم عەزۆ چاپ کران.

ڕۆژنامەی «شەرارە» لە یەکەم ژمارەی خولی هەشتەمدا لە ساڵی ۱۹۹۱، دەربارەی یوسف شەریف نوسیویەتی «بە کۆچی دوایی یوسف شەریف، ڕۆژنامەوانیی شۆڕشگێڕانەی کورد یەکێ لە درەوشاوەترین نوسەرانی خۆی لە دەست داوە کە تاکە هیوای لە ژیاندا ئەوە بووە کە گەلی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی شاد بێ و ڕۆژنامەوانیی کوردی شوێنێکی شایستە لە گۆڕەپانی میدیاکانی جیهان بۆ خۆی دەستەبەر بکات».


بابەتی پەیوەندیدار:
*ڕێبازی نوێ (ڕۆژنامە)
*ڕاپەڕین (گۆڤار)

## یوسف گۆران



کادیری پێشکەوتوو و ئەکادیمیست و وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ناوی تەواوی یوسف سەمەد لوتفوڵڵا. لەدایکبوی ساڵی ۱۹٦۸ی گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوك. هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە کەرکوك تەواو کردووە.

ساڵی ۱۹۸٥ لە کەرکوك پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوە کرد. ساڵی دواتر لە کۆلیجی یاسای زانکۆی بەغدا وەرگیرا و لە ساڵی ۱۹۹۰ خوێندنی زانکۆی تەواو کرد. ساڵی ۱۹۹۱ لە سەروبەندی سەرکوت کردنی ڕاپەڕیندا، لەگەڵ سەدان خێزانی کەرکوکیدا کەرکوکی بەجێ هێشت و لە دهۆك گیرسایەوە.




ساڵی ١٩٩٢ پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلەی نەقیب لەدهۆك لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی دهۆك دامەزرا. ساڵی ١٩٩٤ دوا بەدوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، گوێزرایەوە بۆ هەولێرو لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتیی هەرێم کاری کرد. ساڵی ١٩٩٦ لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. هەر ئەو ساڵە وەك لێکۆڵیار لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دامەزرا. لە ساڵی ١٩٩٨دا بووە سەرنوسەری گۆڤاری «شئون ترکیە» کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان بە زمانی عەرەبی چوار ژمارەی لێ دەرکردووە. لە ساڵی ١٩٩٩دا بووە جێگری سەرنوسەری گۆڤاری «شئون ئەوروپییە» کە سەنتەر بە زمانی عەرەبی سێ ژمارەی لێ دەرکردووە. هەر هەمان ساڵیش لە پاڵ ئەوەی کە جێگری سەرنوسەری گۆڤاری «شئون ئەوروپییە» بوو، بووە جێگری سەرنوسەری گۆڤاری «ئافاق شەرق ئەوسەتیە» کە سەنتەر بە زمانی عەرەبی دەری کردووە.

ساڵی ٢٠٠١ ئەرکی جێگری سەرنوسەری گۆڤاری «سیاسەتی نێودەوڵەتان»ی گرتە ئەستۆ کەگۆڤارێکە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان یەکەم ژمارەی لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵە دەرکردووە. هەر ئەو ساڵە دوا بە دوای دامەزراندنی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، بووە ئەندامی ئەو مەکتەبە. لە ماوەی نێوان ٢٠٠٢ - ٢٠٠٨ دا زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی بە شێوەی نامیلکە بڵاو کردەوە لەوانە «دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە چەمکی هاوولاتیبون» (٢٠٠٢)، «کوردو تورکمان و میکانیزمی تێگەیشتنی نێوانیان» (٢٠٠٣)، «بیری ناسیونالیزمی تورکمانی» (٢٠٠٤)و «دەرکەوتنی ڕێکخراوی قاعیدە لە کوردستانی عیراق» (٢٠٠٨).

ساڵی ٢٠٠٣ گوێزرایەوە بۆ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان و تا ساڵی ٢٠٠٩ پۆستی جێگری بەڕێوەبەری گرتە ئەستۆ. لەو ماوەیەدا لە ژمارە ٣ تا ٧ سەرنوسەری گۆڤاری «سیاسەتی نێودەوڵەتان» بوو.

ساڵی ٢٠٠٦ ئەندامی لیژنەی تایبەتی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو بۆ چاوخشاندنەوە بەپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی ماستەری لە بواری یاسای گشتی لە زانکۆی کۆیە دەربارەی تاوانی تیرۆر وەرگرت و لە ساڵی ٢٠١٠دا بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەی دەستور لە زانکۆی سلێمانی سەبارەت بە ڕێکخستنی دەستورییانەی کۆمەڵگا فرە ئیتنیکەکانی ناو دەوڵەتە دیموکراتەکان بەدەست هێنا. هەمان ساڵ بووە بەرپرسی دەستەی راوێژکارانی مەکتەبی

سیاسیی یەکێتی لە سلێمانی. ساڵی ٢٠١٢ دوا بە دوای دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسایی‌و سیاسیی کۆلیجی یاساو سیاسەت لە زانکۆی سلێمانی، کرایە بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە.

ساڵی ٢٠١٣ لە رەوتی خۆئامادەکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەم، لێپرسراوێتیی لیژنەی باڵای ئامادەکاریی کۆنگرەی پێ سپێردرا و لە ساڵی دواتردا لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کرایە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

لە ماوەی کارکردنی وەك وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پەرەی بە سیستمی خوێندنی زانکۆیی کوردستان دا، بەرنامەیەکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی داناو لەم سەروبەندەدا ریفۆرمی لە سیستمی وەرگرتنی خوێندکاراندا هێنایە دی، سیستمی ریزبەندیی بۆ زانکۆکان دانا کە کاریگەریی زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی هەبوو، هەروەها بەرنامەیەکی چڕوپڕی بۆ پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی زانستی دانا و لەم چوارچێوەیەدا بایەخێکی زۆری بە زمانی ئینگلیزی دا وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ دەست راگەیشتن بە تازەترین سەرچاوە، هەروەك زانکۆکانی بە سیستمە سەرکەوتووە نێودەوڵەتییەکان ئاوێتە کردو بازنەی پەیوەندییە ئەکادیمی و زانستییەکانی زانکۆ حکومییەکانی لەگەڵ دەرەوە فراوان کرد، بەتایبەتی لەگەڵ زانکۆکانی ئێران، تورکیا، چین، ئوردون، هەنگاریا، ئەڵمانیا، فنلاند، سریلانکاو چیك. هەموو ئەم چاکسازییانە رۆڵێکی کارایان لە بەستنەوەی زانکۆکان بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگاوە هەبوو.

## یوسف محەمەد عەزیز



پێشمەرگەو پزیشکی شۆڕش‌و کادیری پێشکەوتوو. ناسراو بە دکتۆر شوان. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٧ی شاری ئاکرێ. خوێندنی سەرەتایی لە ئاکرێ تەواو کردووەو دواتر چۆتە هەولێرو لەوێ هەردوو قۆناغی ناوەندی‌و ئامادەیی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ لە کۆلیجی پزیشکیی زانکۆی موسڵ وەرگیراوەو پاش شەش ساڵ خوێندن بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری پزیشکیدا بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٨١ ژیانی کردارەکیی لە بواری پزیشکیدا لە سلێمانی دەست پێ کرد. نیشتەجێ بونی لە سلێمانی ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساند کە لە نزیکەوە رێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بناسێ‌و دواتریش پەیوەندییان پێوە بکا. ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو وەك پزیشکی شۆڕش لە نەخۆشخانەی قوڵە هەرمێ لە نێوان گوندی شێنێ‌و زەڵێ لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خزمەتی کرد. لەڕەوتی کارکردندا ئەو بۆچونەی لەلا گەڵاڵە بوو کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە پێویستیان بەژمارەیەکی زۆرتری نەخۆشخانە هەیە. هەر ئەمەش هاندەری بوو بۆ دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی تر لە دۆڵی سەرکەپکان لە باکوری خۆرئاوای شاری رانیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی بە دانیشتوانی ناوچەکە و

هێزی پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٨٤ لەکۆششێکدا بۆ پەرەپێدانی توانای خۆی لە بواری نەشتەرگەریدا، واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئاگربڕو دەستپێکردنی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراقی قۆستەوەو لەگەڵ سێ پزیشکی هاوڕێی، خولێکی نەشتەرگەریی بۆ ماوەی حەوت مانگ لە نەخۆشخانەی سلێمانی بینی. ئەم خولە شارەزاییەکی باشی لە نەشتەرگەریدا بۆ دابین کرد، بەجۆرێك کە لەو ساڵە بەدواوە چەند نەشتەرگەرییەکی گەورەی لەنەخۆشخانەی بەرگەڵووی دۆڵی جافەتی ئەنجام دا. ساڵی دواتر لێپرسراوەتیی دەزگای تەندروستیی کوردستانی گرتە ئەستۆ کە دەزگایەکە لە چوارچێوەی بەرنامەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کاروباری دەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی کاروباری تەندروستی پێك هێنراوە.

لە ساڵی ١٩٨٦دا لە پاڵ ئەوەی کە لێپرسراوی دەزگای تەندروستیی کوردستان بوو، ڕێکخراوێکی بە ناوی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستانەوە دامەزراند کە ئەرکەکەی کۆکردنەوەی کۆمەكو یارمەتی بوو لە دەرەوەی کوردستان بۆ هەژارانو لێقەوماوانی کوردستان. ڕێکخراوەکە زۆرتر بە سێ پیتە بەراییەکەی ناوە ئینگلیزییەکەی (KRA) ناوی دەرکردووە. لەو کاتەدا ئەم ڕێکخراوە تاکە ڕێکخراوی ناحکومی بوو لە کوردستانداو لە ڕێی ئەم ڕێکخراوەوە بڕێکی گونجاوی دەرمانو کۆمەكو باربوو کۆکرایەوە.

لە کۆتایی پایزی ساڵی ١٩٨٧دا لەگەڵ چەند کادیرێکی سیاسیی دیکەدا لەوانە عەدنان موفتیو مستەفا چاوڕەش و دکتۆر مەحمود عوسمان، لەگوندێکی ناوچەی مەرگە لە لایەن نۆکەرێکی هەواڵگریی ڕژێمی عیراقەوە بە ماددەی سالیۆم ژەهرخواردوو کرا، بەپەلە بۆ چارەسەر ڕەوانەی تاران کرا و لەوێوە نێردرایە فەرەنسا. کەمتر لەدوو مانگ لەفەرەنسا مایەوە. پاش تەواوکردنی چارەسەر، گەڕایەوە بۆ کوردستانو لە بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەنۆکانو زەڵێ کاری کرد.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا، کاتێك جەنگی کیمیایی لە دژی ناوچە لادێ نشینەکانو هێزی پێشمەرگە زۆر پەرەی سەند، ڕێکخراوی «کرا» ڕۆڵێکی بەرچاوی لە فریاکەوتنی لێقەوماوەکانی کامپی ئاوارەکاندا گێڕاو لەم سەروبەندەدا ڕێکخراوەکە بڕێکی زۆر کۆمەكو باربووی ڕێکخراوە فریاگوزارە جیهانییەکانی بۆ ئاوارەکان دابین کرد.

بەشێکی گرنگی چالاکییە گشتییەکانی لەم قۆناغەی ژیانیدا، خزمەتگوزاریی تەندروستیو خزمەتگوزاریی فریاگوزاری تێیدا ئاوێتەی یەکتری کراون، بە چەشنێك کە ئەستەمە لێك جیا بکرێنەوە. لە ساڵی ١٩٨٩دا وازی لە لێپرسراوەتیی ڕێکخراوی کرا هێناو زۆرتر خۆی بە سەرپەرشتی کردنی دەزگای تەندروستیی کوردستانەوە سەرقاڵ کردو لەم سەروبەندەدا چەند خولێکی فێربونی فریاگوزارییە سەرەتاییەکانی بۆ مەفرەزە پارتیزانەکان کردەوە.

لە کاتی ڕاپەڕیندا بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی بۆ دابین کردنی پێداویستییە پزیشکییەکانی هێزی پێشمەرگە دانا و لەشارەکانیش هەوڵی دا باری تەندروستی کۆنترۆڵ بکا نەبا هەلومەرجی شەڕ ئاسەواری خراپ لەسەر باری تەندروستیی شارەکان بەجێ بهێڵێ.

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١، وەك لێپرسراوی دەزگای تەندروستیی کوردستان بەرنامەیەکی دیکەی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی دانا. ڕاستییەکەش ئەوەیە کە هەلومەرجی کوردستانی پاش شاڵاوی سەختی ئەنفالەکان، زۆر پێویستی

بەکارکردن بوو بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین خزمەتگوزاری لەهەموو بوارەکاندا، لەوانە بواری تەندروستی. لەم رووەوە، پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بوو لەسەر بەڕێوەبردنی دەزگای تەندروستیی کوردستان لە هەولێر.

لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا لە سەروبەندی هێرشی هاوبەشی هێزەکانی گاردی کۆماری رژێمی عیراقو هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر هەولێر، لە لایەن هێزەکانی پارتییەوە دەستگیر کرا و دەست بەسەر کەلوپەلو دەرمانو بنکەی دەزگای تەندروستیی کوردستاندا گیرا. بۆ ماوەی یەك مانگ لەپیرمام بەدەستبەسەری مایەوەو دواتر ئازاد کرا. بەڵام پاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی یەکەمی گەردەلولی تۆڵە لە تشرینی دووەمدا کە تێیدا هێزەکانی یەکێتی زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانیان لە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەندەوە، هەوڵی دەستگیرکردنی درا بەڵام بەگیریان نەکەوتو ماوەیەك لە هەولێر خۆی ون کرد. لەو ماوەیەدا لەرێی جەلال جەوهەرەوە کە سەرپەرشتیی رێکخستنە نهێنییەکانی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەکرد، بە پلانێکی تۆکمە لە هەولێر گوێزرایەوەو گەیەنرایە شاری سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٧ سەفەری کرد بۆ هۆڵاندو تا ساڵی ٢٠٠٤ لەوێ مایەوە. ساڵی ٢٠٠٤ گەڕایەوە کوردستانو لە سلێمانی گیرسایەوە.

ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرایە وەزیری مافی مرۆڤ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٩ خانەنشین کرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* دەزگای تەندروستیی کوردستان.

## یونس رەحیم محەمەد*



کادیری پێشمەرگایەتی و راهێنەری خولە عەسکەرییەکانی هێزی پێشمەرگە. ناسراو بە حاجی یونسی تۆپخانە. لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٩ی گوندی ئابلاخی نزیك شاری سلێمانی. لە تەمەنی شەش ساڵیدا خراوەتە خوێندنگە و بە هۆی نالەباریی رەوشی ئابوریی خێزانەکەیەوە هەر ئەوەندەی بۆ لواوە کە تا پۆلی دووەمی ناوەندی بخوێنێ.

ساڵی ١٩٦٨ لە کاتی خزمەتی سەربازیدا، بۆی لواوە بچێتە خولێکی سەربازی لە بەغدا. ئەم خولەو تەواوکردنی بە سەرکەوتویی، ئەو هەلەی بۆ رەخساند کە ببێ بە مامۆستا لەو خولانەی سوپای عیراق کە بۆ مەشقو راهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەکی وەك هاوەن و تۆپی مەیدان و کاتیۆشاو موشەك و شێوەی چاندنی مین ساز دەکران. ساڵی ١٩٨٠ پلەی جێگری ئەفسەری پێ درا.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردو هەموو زانیارییە سەربازییەکانی خستە خزمەتی هێزی پێشمەرگەوە. پەیوەندی کردنی بە هێزی پێشمەرگەوە گۆڕانێکی گەورەی بەسەر پێکهاتەو شێوەی چالاکیو جموجوڵەکانی هێزی پێشمەرگەدا هێنا. پاییزی ئەو ساڵە کەوتە سازکردنی چەند خولێك بۆ مەشقو راهێنان لەسەر بەکارهێنانی تۆپو موشەك لەبنکەی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٤ ـ ١٩٨٥دا هەشت خولی لە هەڵەدنو بەرگەڵوو بۆ هێزی پێشمەرگە رێکخست کە هەر خولێکی

لە٣٠ - ٤٠ پێشمەرگە پێکهاتبوو و هەر خولێکیش مانگێکی خایاندووە. هەر بە هۆی ئەو خولانەوە، یەکەم تیپی تایبەتی تۆپخانە لە شۆڕشی نوێدا، ساڵی ١٩٨٥ لەمەڵبەندی دوو لەگوندی شەدەڵەی سنوری سورداش دامەزرا و دواتر تیپی تۆپخانە لە مەڵبەندەکانی تریش دامەزران.

ساڵی ١٩٨٨ پاش تەشەنە سەندنی جەنگی کیمیایی لە دژی کوردو کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لە ئێران و ناوچەکانی سەر سنور گیرسایەوە. لەراپەرینی ساڵی ١٩٩١ دا لەگەڵ تیپەکاندا دابەزیو بەشدار بوو لە ڕامالێنی دەسەڵاتی رژێمی بەعس لە کوردستان، هەروەها بەشدار بوو لە شەڕی رزگارکردنی شاری کەرکوکدا. پاش ئەوەی کە هێزەکانی عیراق کەرکوکیان گرتەوە، لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا قۆناغ بە قۆناغ پاشەکشەی کردو بەشدار بوو لە شەڕی چیمەنو بەرگری کردن لە شاری چەمچەماڵ.

لە ٢ی نیسانی ١٩٩١ لە کاتێکدا کە کۆڕەو دەستی پێ کردبوو، خۆیو دەستەیەك پێشمەرگە لە دەربەندی بازیان رێیان لە سوپای عیراق گرت کە دەیویست بەرەو سلێمانی پێشڕەوی بکات. پاش بەرگرییەك کە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند، لەو شەڕەدا شەهید بوو.

## یەکسانی (پرنسیپ)

یەکێکە لە پرنسیپە سەرەکییەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پرنسیپەکە خۆی لە خۆیدا پرنسیپێکی سەربەخۆ پێك ناهێنێ بەڵکو بەشێکی ستراکچەری مافەکانی مرۆڤ پێکدێنێو زۆربەی کات لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

ئەم پرنسیپە بە شێوەیەکی پتەو و تۆکمە بەچەند پرنسیپێکی تری وەك لێبوردەییو ئازادیو مافی مرۆڤو دیموکراسیو ئاشتییەوە بەستراوەتەوە. لە ماددەی یەکەمی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤدا جەخت کراوەتە سەر یەکسانی.

بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستەواژەی «یەکسانی»ی تێدا نیە بەڵام دیکۆمێنتە بەراییەکان و دیکۆمێنتەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی بە ناوەڕۆك ئاماژە بۆ چەمکی یەکسانی دەکەن. لە دیکۆمێنتەکاندا چەمکی یەکسانی بە سێ ناوەڕۆك بەکار هاتووە: نەتەوەیی، ئایدیۆلۆژی (چینایەتی)و یاسایی.

لە ناوەڕۆکی نەتەوەییدا چەمکەکە بە جۆرێك راڤە کراوە کە مانای وەکیەکی لەمافداو نەمانی جیاوازی لە نێوان کوردو ئەو گەلانەدا دێ کەکورد لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا لەگەڵیاندا دەژی. لەم گۆشەنیگایەوە پاڵنەری بانگەشەکردن بۆ مافی چارەی خۆنوسین دەچێتەوە سەر ئەوەی کەمافی چارەی خۆنوسین گوزارشت لە یەکسانیی تەواو دەکات. بە هەمان پێودانگ، پاڵنەری رەت کردنەوەی ئۆتۆنۆمی، زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی نیوەناچڵ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی دەکاو گوزارشت لە یەکسانی ناکا.

یەکسانی لە مانا نەتەوەییەکەیدا واتای مافی هاوسەنگ دەداو لەم گۆشە نیگایەوە بانگەشەکردن بۆ مافی چارەی خۆنوسین بە واتای بونی مافی تەواو یەکسان دێ، چ لە بژاردەی پێکەوە ژیاندا چ لەبژاردەی جیابونەوەدا. لەم سەروبەندەدا لە ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا مافی چارەی خۆنوسین وەك مافێکی «گشتی» کە هەموو گەلان بەبێ

جیاوازی دەگرێتەوە، مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. لە هەر بانگەشەیەکیشدا بۆ بژاردەی فیدرالیزم، وەك ڕەنگدانەوەیەکی سودمەندبون لە مافی چارەی خۆنوسین، بەم چەشنە مامەڵە کراوە کە مافەکە وەك پرنسیپ مانای «یەکێتیی ئارەزومەندانە» و وەك پراکتیك مانای «مافی یەکسان»دەدا. بەم مانایە، چەمکی یەکسانی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیدا لە سالآنی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بە شێوەی بانگەشەکردن بۆ مافی چارەی خۆنوسین وەك دروشمی سەرەکیی گوتاری ڕاگەیەنراو و لەنەوەدەکاندا بە شێوەی بانگەشە بۆ هێنانە کایەی سیستمێکی فیدرال لە عیراقدا، گوزارشتی لەخۆی کردووە. لە ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیدا یەکسانی بەمانای دابین کردنی یەك ئاستی گوزەرانی ماددی بۆ هاوولاتییان دێ بە ڕادەیەك کە هیچ دەرفەتێك بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە نامێنێو لەم چوارچێوەیەدا یەکێ لەئەرکەکانی دەوڵەت دەستەبەرکردنی یەکسانی دەبێ بۆ هاوولاتییەکانی. ئەم چەمکە کە دورنمایەکی چینایەتی بەسەریدا زاڵە، زۆرتر لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای دوو باڵە سەرەکییەکەی یەکێتیی نیشتمانیدا بووە لە قۆناغی بەراییدا کە تێیدا ستراکچەری ئایدیۆلۆژی هەردوو ڕێکخراو پشت ئەستور بووە بەڕەهەندەکانی سۆسیالیزم (لە پەیوەند بە بزوتنەوەی سۆشیالیست)و مارکسیزم (لەپەیوەند بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران). ئەم ناوەڕۆکە ئایدیۆلۆژییە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیدا بەرە بەرە کاڵ بۆوە تا لە دواییدا ئاسەواری نەما.

لە ناوەڕۆکی یاساییدا، یەکسانی بەم واتایە دێ کە هەموو هاوولاتییان بەبێ جیاوازی لە بەردەم یاسادا وەکیەکنو لەم ڕووەوە دەوڵەتی یاسا لەگەوهەردا بەمانای یەکسانی لەبەردەم یاسادا دێ. یەکسانیی یاسایی خۆی لەخۆیدا دەروازەیەکە بۆ مافی یاسایی یەکسانو ئەم مەسەلەیە هەندێ لە ڕوخسارەکانی سکولاریزمی تێدا بەدی دەکرێ چونکە سکولاریزم هەموو جۆرە جیاوازییەك لەسەر بنەمای ئاین ڕەت دەکاتەوە.

پرۆگرامی پەسندکراوی ساڵی ١٩٩٢ی کۆنگرەی یەکەم بەڕونی جەختی کردۆتە سەر پرنسیپی یەکسانی. لە پەرەگرافی ئامانجە گشتییەکاندا «یەکسانی» لەیەکەم ماددەدا وەك یەکێ لە ئامانجە گشتییەکانی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوی هاتووە. هەر ئەم پەرەگرافە دوو ئاماژەی گرنگی بۆ ناوەڕۆکی یەکسانی لە خۆ گرتووە، یەکێکیان لەدوتوێی بانگەشەکردن بۆ جێبەجێ کردنی جاڕنامەی گەردونیی ساڵی ١٩٤٨ی مافی مرۆڤ (ماددەی دووەم) و ئەوی تر لە دوتوێی بانگەشەکردن بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین (ماددەی سێیەم). هەروەها لە پەرەگرافی ئامانجە سیاسییە گشتییەکاندا لە ماددەی پەیوەست بەهەڵبژاردن، هیچ مەرجێك جگە لە مەرجی تەمەن بۆ دەنگدان دانەنراوەو مافی دەنگدان «بەبێ جیاوازیی ڕەگەزو زمانو دین» بۆ هەموو هاوولاتییان سەلمێنراوە، سەرباری جەخت کردن لەسەر سەربەخۆیی دادوەری کە یەکێکە لە مەرجەکانی یەکسانی. بەهەمان پێودانگ، لە پەرەگرافی تایبەت بەگەشەپێدانی کۆمەلآیەتی جەخت کراوەتە سەر یەکسانیی ژن و پیاو لە مافی یاساییدا.

تێزەکانی ناو پڕۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم لەبارەی پرنسیپی یەکسانییەوە، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دیکۆمێنتەکانی هەردوو کۆنگرەی دووەم و سێیەم بەجێ هێشتووە، بە جۆرێك کە تێزەکانی هەردوو کۆنگرە لەم بارەیەوە لە تێزەکانی کۆنگرەی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرن.

له کۆنگرەی سێیەمدا جەختێکی زۆرتر لەسەر چەمکی یەکسانی کرایەوەو سەرباری پێداگرتن لەسەر یەکسانیی ژنو پیاو و یەکسانی لە بەردەم یاسادا، جەخت کرایە سەر یەکسانی لەدەرفەتەکانی کاریش. لە دیکۆمێنتی پەیڕەوی ناوخۆش لە ماددەی ٢دا جەخت کرایە سەر ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان «خەبات دەکات بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیو پتەوکردنی بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی، هاوولاتیبون، مافی مرۆڤ، مافی چارەنوس و بڕوای هەیە بە کەلتوری یەکسانیو لێبوردەیی».

بە هەمان پێودانگ، دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی چوارەم جەختیان کردۆتە سەر پرنسیپی یەکسانی. لە ڕەوتی دیاریکردنی بنەما گشتییەکانی ستراکچەری فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە حزب «بڕوای بە بنەمای یەکسانی و پێکەوە ژیان هەیە». لە دیکۆمێنتی پڕۆگرامیش، جگە لە پشتیوانیکردن لە یەکسانیی ژنان و پیاوان، جەخت کراوەتە سەر چەسپاندنی مافەکانی ژنان لە دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکاندا و بە شێوەیەکی تایبەت جەخت کراوەتە سەر جاڕنامەی نەهێشتنی هەموو چەشنە جیاکارییەکانی دژ بە ژنان ناسراو بە ڕێککەوتننامەی سیداو (CEDAW) کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٩ بانگەشەی بۆ کردووە و تێیدا مافە نێودەوڵەتییەکانی ژنان دیاری کراون. ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ٣ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨١ پەسند کراوە و ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان واژۆیان کردووە. ئەو دەوڵەتانەی جاڕنامەکەیان واژۆ کردووە، دەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەك دژی ژنان لە یاسا ناوخۆییەکانیان نەهێڵن و یەکسانیی تەواو لە روی مافەوە بۆ ژنان و پیاوان بەدی بێنن.

## یەکگرتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی ئایندە

پرۆسەی یەکگرتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حزبی ئایندە کە لە ١٠ ی ئابی ٢٠١٦ دا ڕاگەیەنرا و بە تێکهەڵکێشبونی هەردوو حزب بە ئەنجام گەیشت .

بەیاننامەی یەکگرتنی هەردوو حزب لە ڕەوتی رونکردنەوەی پێداویستییەکانی یەکگرتنەکەدا، ئاماژەی بە هەلومەرجی جیهان، ناوچەکە، عیراق و کوردستان کردووە کە «ئەگەری جۆراوجۆری چاك و خراپی هیناوەتە ئاراوە» و باسی دیاردەکانی «بەردەوامبونی قەیرانە سیاسی، ئابوری، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان» و «لێکترازانی نێو ماڵی کورد» و پەیدابونی «مەیلی قۆرغکردنی دەسەڵات» ی کردووە و هەمووی بە مایەی هەڕەشە لەسەر «دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان» و بە هۆکاری «بەلاڕێدابردنی قۆناغی گوزەری دیموکراسی» ژماردووە، هەروەك نیگەرانیی لە سیناریۆکانی دوای بڕانەوەی شەڕی داعش دەربڕیوە و دۆخەکەی لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بە «مەترسیدار» داوەتە قەڵەم و وای دەربڕیوە کە لە سۆنگەی ئەو هۆیانەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی ئایندە گەیشتونەتە بڕیاری یەکگرتن و دەری خستووە کە ئەم هەنگاوە «بە قازانجی چارەسەرگردنی کێشە و قەیرانەکان و چەسپاندنی سیستمێکی حوکمڕانیی پەرلەمانی، مەدەنی، دیموکراتی و گەیاندنی گەلی کوردستان بە سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنوسین» دەشکێتەوە.

لە ١٠ ی ئابی ٢٠١٦ دا لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی، بە ئامادەبونی لێپرسراوانی باڵا و کادیرەکانی

هەردوولا، کۆسرەت ڕەسول علی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و قادر عەزیز سکرتێری حزبی ئاینده، ڕێککەوتنی یەکگرتنی هەردوو حزبیان واژو کرد.

له سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا کۆسرەت رەسول عەلی له وتەیەکدا وتی یەکگرتنی هەردوو حزب مایەی دڵخۆشیی خەڵکی کوردستانه و ئاماژەی بەوە دا کە یەکێتیی نیشتمانی له سەرەتای پێکهینانییەوە هێزێك بووه هەموو گروپ و بۆچونێك جێی تێدا بۆتەوه .

هەروەها مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی له وتەیەکدا ئاماژەی بەوە دا کە تۆماری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان له دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار «هی هەموو ئەو تێکۆشەرانه بووه کە له کۆڕی خەبات کۆڵیان نەداوه».

هەروەها قادر عەزیز له وتەیەکدا بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی له هەموان کرد، بەتایبەتی له مام جەلال و روونی کردەوە کە بیرۆکەی یەکگرتنی هەردوو حزب له بنەڕەتدا بیرۆکەی مام جەلال بووەو له شرۆڤەیەکی گشتیدا رونی کردەوە کە بارودۆخه پڕ له قەیرانەکەی جیهان و ئەگەری گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، هاندەری سەرەکیی پرۆسەی یەکگرتنی هەردوو حزبە، هەروەك وتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێویستی بە یەکخستن و یەکڕیزیی ناوماڵی خۆی هەیە. یەکگرتنی یەکێتی و حزبی ئاینده و هەنگاوەکانی تریش، دەبنە هەوێنی یەکڕیزیی ناوماڵی یەکێتیو پتەوکرنی یەکێتیی ناو یەکێتی و «یەکخستنی هێز و تواناکان بۆ دەربازبوون له قۆناغی چەقبەستوی ئەمڕۆ».

بەپێی ڕێککەوتنی یەکگرتنی هەردوو حزب، کادیرەکانی حزبی ئاینده بە پێی شایستەییان بەسەر دام و دەزگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دابەش کران و له ئەنجومەنی ناوەند و مەکتەب و مەڵبەندەکاندا پلەی شیاویان پێ درا.

لەسەر ئاستی سەرکردایەتیش، حزبی ئاینده سێ پێگەی لێپرسراوەتیی باڵای له هەردوو دامەزراوەی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی وەدەست هێناو بەم پێیه قادر عەزیز بووه ئەندامی مەکتەبی سیاسی و هەر یەك له نەسروڵڵا سورچی و یاسین نێرۆیی بوونه ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دواتر یەکەمیان لێپرسراوەتیی مەڵبەندی 7 ی ڕێکخستنی نەینەوای گرته ئەستۆ. له ئەنجومەنی ناوەندیش هەر یەك له هێرش سەعدی عەزیز ، ئارام عەبدوڵڵا و عەدنان عەزیز بوونه ئەندام.

## پاشکۆ

## بەیاننامەی یەکگرتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حزبی ئاینده کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هێز و لایەنه ئازادیخوازەکان

له هەلومەرجێکی جیهانی و ئیقلیمی و عیراقی و کوردستانیدا ، کە ئەگەری جۆراوجۆری چاكو خراپی هێناوەته ئاراوه و له دۆخی بەردەوامبونی قەیرانه سیاسی ، ئابوری ، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی کوردستان و لێکترازانی نێو ماڵی کورد و پەیدابونی مەیلی قۆرغکردنی دەسەڵات له هەرێمی کوردستان ، له دۆخێکی وادا ئەمانه هەمووی هەڕەشەگەلێکن ، نەك تەنها لەسەر دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و بەلاڕێدابردنی قۆناغی گوزەری دیموکراسی و لەدەستدانی ئەو دەرفەتەش کە نەتەوەی کورد له سەرانسەری کوردستان بە ئومێده وەك دەستکەوتی دوای شەڕی داعش بۆی بێته پێشەوه،

بەڵكو یارمەتیدەریشە بۆ سەرگرتنی ئەو سیناریۆیانەش کە ئەمڕۆ بە هۆی نزیکبونەوە لە کۆتایی هاتنی شەڕی داعش، خەریکە لە لایەن وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی دونیا، بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە بەپێی بەرژەوەندیی ئابوری و ئاسایشی خۆیان ساغ دەکەنەوە، بۆیە لەبەرامبەر ئەم دۆخە مەترسیدارە نێوخۆیی و دەرەکییەدا، لە ناوچەکە و عیراق و کوردستاندا، یەکێتیی نیشتمانی و حزبی ئایندەی کوردستان کە مێژویەکی درێژیان لە خەباتی هاوبەشدا هەیە، لە سۆنگەی هەستکردنیان بەم مەترسییانە و بە بەرپرسیارێتیی راپەڕاندنی ئەرکی دیموکراتیی هاوبەشیان لەم قۆناغەدا، دوای زنجیرەیەك کۆبونەوە، بە مەبەستی یەکخستنی هێز و تواناکان، دەرئەنجام گەیشتنە بڕیاری یەکگرتنی حزبی ئایندەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

ئەم هەنگاوە و هەنگاوی تر و ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان، پەرۆشیی راستگۆیانەیە بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد، بە قازانجی چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان و چەسپاندنی سیستمێکی حوکمڕانیی پەرلەمانی، مەدەنی، دیموکراتی و گەیاندنی گەلی کوردستان بە سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنوسین.

هەردوو لاشمان ئومێدەوارین هێزو رەوتی دیکە کە پەرۆشی راستەقینەی پاراستن و پەرەپێدانی دیموکراسین لە کوردستان، هەمان ڕێبازی پتەوکردنی سەنگەرەکانی پێشەوەی دیموکراسی و ئازادی و مەدەنی بگرنە بەر.

حزبی ئایندەی کوردستان
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٦/٨/١٠
سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠١٦/٨/١١)

## یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان

ڕێکخراوێکی نهێنیی خوێندکارانە، سەر بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە، لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٩٧٦ لە کۆبونەوەیەکدا کە لە شاری کەرکوك بەسترا، دامەزراوە. دەستەی دامەزرێنەری لەکۆسرەت رەسول عەلی، لەتیف عومەر مستەفا، شوان عەلی سەعید ناسراو بە شامل، رەئوف ئاکرەییو محەمەد خورشید پێکدێ.

کۆبونەوەکە ئەنجومەنێکی کاتیی بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری ڕێکخراوەکە تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی گونجاو بۆ بەستنی کۆنفرەنس دەرەخسێ، پێك هێنا و گەلاڵەی بەرنامەو پەیڕەوێکی ناوخۆی پەسند کرد کە لەپێشەکییەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو کە خوێندکاران «هەمیشە شانبەشانی جەماوەری کوردستانو عیراق دەجەنگن بۆ بەدی هێنانی ئاوات و ئامانجی جەماوەر لە سەرانسەری عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی». ئەم ڕێکخراوە وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی تایبەت بە خوێندکاران چالاکیی نواندووەو لە شێوازی کارکردندا فاکتەری پیشەییو فاکتەری نیشتمانیی پێکەوە گرێداوە.

لە قۆناغی دامەزراندندا بە ناوی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە وەك چەترێکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ناو خوێندکاراندا و وەك یەکەم ڕێکخراوی پیشەیی نهێنی لە پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦، کاری کردووە.

هەڵسوڕانی ئەم ڕێکخراوە زۆر تەگەرەی هاتە بەردەم، بەتایبەتی پاش چڕبونی فشاری دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس بۆ سەر ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران بەرادەیەك کە پاش گیرانی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵە،

هەڵسوڕانی دای لە کزی.

ساڵی ١٩٧٨ ڕێکخراوەکە سەرلەنوێ دامەزرایەوە. لە ماوەی نێوان ٥- ٩ی ئابی ١٩٧٨دا کۆنفرەنسێکی نهێنی لە شاری سلێمانی لە ژێر دروشمی «خوێندکاران جۆگەیەکی ڕۆشنبیرین بۆ شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات لە کوردستاندا» بەسترا، تێیدا پەیڕەو و پرۆگرامێکی تازە بۆ ڕێکخراوەکە دانرا و ناوەکەی کرا بە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان و مەکتەبێکی سکرتاریەتی بۆ هەڵبژێردرا کە ئەندامەکانی پێکهاتبوون لەقادر حاجی عەلی، دلاوەر ئەحمەد مەجید، ڕێکەوت عوسمان مەجید، ئازاد حسێن چوارتایی، محەمەد ئازادو مژدە عەبدولکەریم. ئەم ڕێکخراوە بە درێژەپێدانی هەمان ڕێکخراوی ساڵی ١٩٧٦ دادەنرێ بەڵام کادیرەکانی هەڵسوڕاوتر بونۆ توانییان لە ماوەیەکی پێوانەییدا ژمارەیەکی زۆری ئەندام لەریزی ڕێکخراوەکە ڕێك بخەن کە زۆربەیان خوێندکاری زانکۆکانی بەغداو موسڵو سلێمانی بون.

ساڵی ١٩٨١ چەند هێڵێکی ڕێکخستنی خوێندکاران لە زانکۆکان ئاشکرا بون و لەم سۆنگەیەوە ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەو ڕێکخستنانە رویان لەشاخ کردو زۆربەیان لە ناوچەی سەرکردایەتی گیرسانەوە. زیادبونی ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە گوڕو تینێکی دایە بزاوتی ڕۆشنبیریو سیاسی لە ناوچەکە، بەتایبەتی کە هەموو ئەو ئەندامانە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیرییان هەبوو. بەشێکی خوێندکارەکان بارەگایەکی سەرەکییان بۆ ڕێکخراوەکە داناو زۆربەشیان بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەندروستیو ڕێکخستنندا دابەش کران.

لە ٢٤و ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢ دا ڕێکخراوەکە کۆنفرەنسی دووەمی لە ژێر دروشمی «بەرەو گەشەپێدانی یەکێتییەکەمان و توندکردنی خەباتەکەمان بە خەباتی خەڵکی چەوساوەی کوردستانەوە لەپێناوی شۆڕشی رزگاریی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستاندا» لە گوندی بارەپانەی ناوچەی پشدەر بەست. لەو کۆنفرەنسەدا پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرام تەتەڵە کرانەوەو دەستەیەکی بەڕێوەبردنی پێنج کەسی بۆ ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا کە لێپرسراوەتییەکانی بەمجۆرە دابەش کران:

١-جەمال عەبدوڵڵا ڕۆستەم ناسراو بە هەڵکەوت عەبدوڵڵا- سکرتێر.

٢-ئاوات ئەحمەد عەلی- لێپرسراوی لقی سلێمانی.

٣-ساڵح عەزیز رەشید- لێپرسراوی لقی کەرکوك.

٤-عیسام نامیق- لێپرسراوی لقی موسڵ.

٥-سیروان کەریم- لێپرسراوی لقی هەولێر.

دوای کۆنفرەنس، عیدۆ قاسم شوکر ناسراو بە شوان کە تازە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو و لە بارەگای بالیسانی یەکێتیی خوێندکاران وەك کادیرێکی پێشکەوتوو کاری دەکرد، لێپرسراوەتیی لقی دهۆکی پێ سپێردرا.

هەر ئەو ساڵە جەمال عەبدوڵڵا ڕۆستەم بەرەو هەندەران کۆچی کردو عیسام نامیق جێی گرتەوەو ئەرکەکانی سکرتێری گرتە ئەستۆ. هەر لەو ماوەیەشدا سیروان کەریم خوێندنی لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردو وازی لە لێپرسراوەتیی لقی هەولێر هێنا، بۆیە ساڵح عەزیز رەشید لێپرسراوەتیی لقی هەولێری گرتە ئەستۆو خالید محەمەد فاتیح لە لێپرسراوەتیی لقی کەرکوك جێی گرتەوە. ساڵی ١٩٨٣ خالید محەمەد فاتیح وازی لە لێپرسراوەتیی لق هێناو عیززەددین مەجید ناسراو بە کرێکار جێی گرتەوە. هەروەها ئاوات ئەحمەد عەلی وازی هێناو جەزا ئەحمەد کوردە لێپرسراوەتیی لقی سلێمانیی گرتە ئەستۆ.

لە ماوەی ٧-٩ی تەموزی ١٩٨٤ دا ڕێکخراوەکە کۆنفرەنسی سێیەمی لە ژێر دروشمی «بەرەو پتەوکردنی ریزەکانی یەکێتیمان و گەشەپێدانی

خەباتمان و گرێدانی بە خەباتی سەرجەم جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستانەوە» لە بینای خوێندنگەی سەرەتایی گوندی خەتێ لە دۆڵی خۆشناوەتی بەست. کۆنفرەنس بە خوێندنەوەی نامەکانی پیرۆزبایی چەند سەرکردەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەوانە جەلال تاڵەبانی، دکتۆر کەمال خۆشناو و پێشەوا تاڵەبانی دەستی بە کارەکانی کرد. دواتر عیسام نامیق راپۆرتی ئەنجومەنی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانی خوێندەوەو کارو چالاکییەکانی رێکخراوەکەی لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٤ بەسەر کردەوە. لەو کۆنفرەنسەدا گفتوگۆی گەرم و گوڕ کرا و چەند مەسەلەیەکی گرنگ تاوتوێ کران لەوانە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران لە زانکۆکان، مانگرتنی خوێندکاران لە خوێندنگەکانی کوردستان وەك نارەزایی دەربڕین لە دەرکردنی ئەو خوێندکارانەی کە ئامادە نەبون لە وەرزی هاویندا بچنە ریزی میلیشیاکانی جەیشی شەعبی و مەشقی سەربازی بکەن. هەروەها کۆنفرەنس مەسەلەی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عیراقی تاوتوێ کردو دژی وەستایەوە. کۆنفرەنس پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەسند کرد. پاشان بەشداربووانی کۆنفرەنس شەش ئەندامیان بە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی رێکخراوەکە هەڵبژارد لەوانە ئەحمەد مەحمود محەمەد وەك لێپرسراوی لقی سلێمانی، سمکۆ شوانی وەك لێپرسراوی لقی کەرکوك، سیروان هەولێری وەك لێپرسراوی لقی هەولێر، فازڵ عوسمان فەقێ عەزیز وەك لێپرسراوی لقی بەغدا، عیدۆ قاسم شوکر وەك لێپرسراوی لقی دهۆك.

پاش کۆنفرەنس، ئەندامانی ئەنجومەنی هەڵبژێردراو یەکەم کۆبونەوەیان لە گوندی خەتێ ئەنجام دا و لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە کۆبونەوەی داهاتویان لە ماڵی ئەحمەد مەحمود محەمەد لەگەڕەکی کانیسکانی شاری سلێمانی ببەستن. لە ٢١ی تەموزدا کۆبونەوەکە لە شوێنی دیاریکراو بەسترا، تێیدا نەخشەی نوێی کارکردن بۆ رێکخراوەکە پەسند کرا و کاروباری رێکخستنەکانی ناوخۆ تاوتوێ کرا. پاشان سمکۆ شوانی بە سکرتێر هەڵبژێردرا، سەرباری لێپرسراوەتیی لقی کەرکوك.

ساڵی ١٩٨٦ سکرتێری رێکخراو سمکۆ شوانی و لێپرسراوی لقی سلێمانی ئەحمەد مەحمود محەمەد دەستیان لە کار کێشایەوەو ئەبوزێد سەمەد شەریف ناسراو بە سامان کەرکوکی لێپرسراوەتیی سکرتێری رێکخراوەکەی گرتە ئەستۆ.

لە ساڵی ١٩٨٥ بە دواوە، کاری رێکخراوەیی خوێندکاران لە ناو شارەکان لەبەر چاودێری و توندوتیژیی دەزگا ئەمنییەکانی عیراق و هەلومەرجی جەنگی عیراق- ئێران دژوارییەکی زۆری هاتە بەر رێ، بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆری کادیرە خوێندکارییەکان بونە پێشمەرگە یان کۆچیان بۆ دەرەوەی وڵات کرد یان بۆ خزمەتی سەربازی راپێچ کران، کە ئەمەش هەموی بەسەر یەکەوە هەلێکی لەباری بۆ گەشەکردنی کاری رێکخراوەیی فەراهەم نەکرد، جگە لەوەی کە رێکخراوەکە کۆمەڵێك کێشەی تێکەوت کە کاریگەریی خراپیان لەسەر بەڕێوەچونی ئیشوکارەکانی هەبوو. ئەمەش تا ئەندازەیەکی زۆر بووە مایەی سڕبونی بزاڤی خوێندکاران لەم رووەوە بونی بارەگایەکی یەکێتیی خوێندکاران لەگوندی بالیسان، هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕی. پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بزوتنەوەی خوێندکاران بوژایەوەو ژیانی بە بەردا هاتەوەو چەند هەوڵێك بۆ دامەزراندنەوەی یەکێتیی خوێندکاران هاتنە ئاراوە. لەو ماوەیەدا چەند گروپێکی خوێندکاران سەریان دەرهێنا کە هیچ چەترێکی کۆکەرەوە پێکەوەی نەدەبەستنەوەو بە هۆی ئەمەوە هەر گروپێك بە ناوی جیاواز کاری

دەکرد. بەم پێیە، گروپەکانی هەولێرو کەرکوکو ڕەواندز بە ناوی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوە کاریان دەکرد، گروپەکانی سلێمانیو ڕانیە بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوەو گروپەکانی سۆرانو بەردەڕەش بە ناوی یەکێتیی خوێندکارانو لاوانی کوردستانەوە.

هەر ئەو ساڵە گروپەکان یەکیان گرتەوەو لە ڕۆژانی ٢٨- ٣٠ی تەموزی ١٩٩١ کۆنفرەنسێکیان لە ژێر دروشمی «چەك قەڵەم دوانەی خەباتی هاوژینم، لە چاویاندا ڕێی ئازادیم ئەبینم» لە شارۆچکەی شەقڵاوە بەست و ڕێکخراوێکی تازەیان بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانو لاوانی کوردستانەوە دامەزراند.

لە پێشهاتەکانی دواتردا، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان پێك هات، جێی کۆمەڵەی خوێندکارانو لاوانی کوردستانی گرتەوە و بە درێژەپێدەر و میراتگری سەروەرییەکانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان دانرا. بە بۆنەی یادی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنییەوە، لە ساڵی ٢٠١٦دا ڕێ و ڕەسمێکی شکۆدار ساز کرا و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بەم بۆنەیەوە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بە ناوی «شکۆی خوێندکاران» دەرکرد کە بە شێوەی پاشکۆی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دەرچوو. لەو پاشکۆیەدا چەردەیەك بروسکەی پیرۆزبایی بەم بۆنەیەوە بڵاوکراونەتەوە لەوانە بروسکەکانی دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆکی کۆماری عیراق، کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دکتۆر جوان ئیحسان فەوزی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لێپرسراوی بۆردی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، دکتۆر یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، مەکتەبی سکرتاریەتی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

## پاشکۆی ژمارە ١

### بەیاننامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بەبۆنەی چلەمینساڵیادی دامەزراندنییەوە

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان! مامۆستایان! خوێندکارانی خۆشەویست!

چل ساڵ لەمەوبەر، لە سەختترین ڕۆژگارە نالەبارەکانی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، ڕۆژگاری دوای نسکۆ، ڕۆژگارێك کە ئەگەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانەمەزرابایە، لە هەمبەر هێزو توانا و لە خۆبایی ئەوسای ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ، هەرەس بە هەرەس نەدەهێنرا، ئا لەو ساتە دژوارەدا بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەوە، بێ سڵەمینەوە لەوەی سزای لەسێدارەدان بۆ دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی پیشەیی و دیموکراتی، سەپێنرا بوو، وەك پێویستییەکی مێژوویی، دیموکراتی و پیشەیی، لە ١٩٧٦/٤/٢٦دا، یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بڵاو کرایەوە. ئەمەش ئەرکێك بوو، هەروەك چۆن بە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خەونی لەمێژینەی دوژمنان، بۆ کپکردنی دەنگی کورد لەگۆڕ نرا و هەرەس بە هەرەس هێنرا، ئاوهاش، لە بەرامبەر سیاسەتی شوڤێنیی بەعس و داخستنی خوێندنگا کوردییەکان و سەپاندنی پەروەردەو زمانی عەرەبی، ئەم ڕێکخراوە تێکۆشەرو خۆڕاگرە

وەك قەڵایەكی پۆڵایین دژی دوژمن وەستا. هەر بۆیەش یەكەمین بەیاننامەی دامەزراندنی كۆمەڵەی خوێندكاران ٤٠ ساڵ لەمەوبەر، دەنگدانەوەیەكی فراوانی هەبوو، ئاماژەیەكی بەهێزو گرنگیش بوو كە رێكخستنێكی گەورە لەپشت دامەزراندنی ئەم رێكخراوە هەیە، بۆیەش دوو مانگ دوای دامەزراندنی كۆمەڵە، شۆڕشی نوێی گەلەكەمان بە رابەرایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دەستی پێكرد. راچڵەكاندن و لەگۆڕنانی خەونی دوژمنان بۆ لە ناوبردنی گەلی كورد، لەوێوە دەستی پێكرد.

هێژایان خوێندكارانی خۆشەویست!

هەروەك چۆن لە خەباتی شاخ و چەكداریدا، لە خەباتی نهێنی و زینداندا، لە خۆڕاگری و كۆڵنەداندا، لە هەڵمەتبردن و پێشڕەویدا، ئەندامانی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان شۆڕەسواری مەیدان بوون و هاوتا لەگەڵ قەڵەمدا، وەك دوانەیەكی خەبات، چەكی شەرەفیان هەڵگرتووەو بە خوێن، مێژوویەكی پڕ لەتێكۆشان، سەروەری و شانازییان تۆمار كردووە، ئاوهاش لە دوای راپەڕینەوە، هەمیشە كۆمەڵە پێشەنگ و پێشڕەو بووەو هەر زوو بە بەرزكردنەوەی دروشمی خوێندنی هاوچەرخ و گۆڕینی فەلسەفەی خوێندن، بووە ئاڵا هەڵگری گۆڕانكاری و نوێگەری. لەم پێناوەشدا كارو چالاكیی كۆمەڵە، لە خۆپیشاندانەكان، كۆنفرانس و كۆنگرەكان، یاداشت و فشارەكان، پێداگیری و سووربوون لەسەر مافەكان، بە هەموو رێگا مەدەنی و دیموكراتییەكان گیراوەتە بەرو هەمیشە كۆمەڵە دەنگێكی زوڵاڵ و نوێنەری راستەقینەی خوێندكارانی كوردستان بووە. هەر بۆیە لە بەرامبەر بیری كۆن و عەقڵیەتی كۆنەپەرستانەو گەڕانەوە بۆ سەردەمی تاریكی، ئەركەو دەبێ رۆشنگەریی هاوچەرخ سەركەوێ، لەم پێناوەشدا، لەم یادەدا كە چل ساڵە سەركەوتووانە بەردەوامین، پرۆژەی هاندانی خوێندنەوەمان راگەیاندووە و پەرتووك دەكەینە دیاری، داواكارین خوێندكارانی خۆشەویست پێشوازی لەم پرۆژەیە بكەن و پێكەوە دژی عەقڵیەتی چەقبەستوو، تێ بكۆشین و ئامانجەكانی رۆشنگەریی هاوچەرخ بەدی بهێنین.

هەروەك بە ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستانیشی دەزانین كە پلانی تۆكمەتر و باشتری هەبێت بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستیی زانكۆو پەیمانگاكان بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵ بگێڕن لە بەرەو پێشبردنی كۆمەڵ و گەشەپێدانی ئاستی زانستی، تەكنەلۆژی، ئابووری، كۆمەڵایەتی و هتد....

كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لایەنە پەیوەندیدارەكان!

نیگەرانین لەوەی ئەمساڵیش، یادی دامەزراندنی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان، هاوكاتە لەگەڵ بارودۆخی ئاڵۆزو هەستیاری كوردستان، عیراق و ناوچەكە. بارودۆخێك كە رۆژانە پێشمەرگە گیانفیداكانی كوردستان، بەخوێن پارێزگاری لەدەستكەوتە بەدیهاتووەكان دەكەن و گەل و نیشتمان دەپارێزن و لەبری هەموو دنیاش دژی مەترسییەكانی داعش، دەجەنگن. بەڵام هەستیارتر لەوە، ناكۆكی و كێشەی لایەنە سیاسییەكان، رونتر، كێشەی سەرۆكی هەرێم و پەكخستنی پەرلەمانی كوردستان و پێشێلكردنی یاساو سەروەریی یاسایە، ئەمە سەرباری ئەو قەیرانە داراییەی كەتێی خزێندراوین! ئەمەش كاریگەریی نێگەتیڤی هەیەو دەبێت لەسەر كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بەگشتی و توێژی خوێندكاران بەتایبەتی، هەرچەند بەهەوڵی كۆمەڵەی خوێندكاران مامۆستا بەڕێزەكان وێڕای پێنەدانی سەرەتاییترین مافی خۆیان، كە مووچەكەیانە، بایكۆتیان شكاند و خوێندكاران چوونەوە هۆڵەكانی خوێندن، بەڵام درێژەدان بەو قەیرانە كاریگەریی نەرێنیی زیاتری دەبێت بۆ سەر خوێندن و خوێندكاران. بۆیە داواكارین

له لایەنە سیاسییەکان هەرچی زوترە بگەنە ڕێککەوتن و کۆتایی بەقەیرانەکان بێنن. پێویستیشە پەند لەمێژوو وەربگرن، گەر لە زیاد لە هۆکارێك هەبوو بێ بۆ نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردی، هۆکاری سەرەکی، ناتەبایی و پێکەوە هەڵنەکردنی ناوخۆیی بووە، هەر بۆیە لە چلەمینساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستاندا، دووبارە داوا لەسەرجەم لایەنە سیاسییەکان دەکەین دەستکەوتەکانی ئێستا کە بەخوێن بەدی هاتون، بپارێزن، تەنهاش بەگیانی تەبایی و برایەتی و یەکتر قبوڵکردن دەتوانین ئەم هەلە مێژووییە لەدەست نەدەین و ئەو باهۆزی گۆڕانکارییەی رووی لە دنیا بە گشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی کردووە، بقۆزینەوە. ئەرکی ئەخلاقی و مێژوویی لایەنە سیاسییەکانیشە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان، ئامانجی سەرەکییان بێت، ئەگینا حوکمی مێژوو قورسە و ئۆباڵی هەر دەرەنجامێکی نیگەتیڤ لە ئەستۆی تێکڕای لایەنە سیاسییەکانە.

لە کۆتاییدا جێی شانازیمانە کە کۆمەڵەکەمان سەرەڕای قەیرانی قەیرانەکان و بارودۆخی سەختی دارایی بەردەوامە لەخزمەتکردنی خوێندکاران بەشێوازی جۆراوجۆر هەر لە کردنەوەی خول و خەڵات کردنی خوێندکارانی سەرکەوتوو و هاوکاری کردنی خوێندکاران لە زانکۆکان و چالاکیی وەرزشی و هونەریو ئەدەبی و بەدواداچون بۆ کێشەکانی خوێندکاران و دەرکردنی بەیاننامە و یاداشت و کۆبونەوەی فراوان و سەردانی مەیدانی و راپۆرتی پەروەردەیی لەسەر سیستەمی تاقیکردنەوەکان و هوشیارکردنەوەی خوێندکاران و بەرز ڕاگرتنی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و خولی کادیران و گەشتی زانستی و هاوکاری کردنی بەشە ناوخۆییەکان و خوێندکارانی کەم دەرامەت و چالاکیی ژینگەیی و چەندین چالاکیی تر بۆ خوێندکاران بەبێ جیاوازی. لێرەوە جارێکی تر داوا دەکەین کۆی سیستەمی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێداچوونەوەی بەردەوامی بۆ بکرێت و لەسەر بنەمای پەروەردەی دروست و زانستی سەردەم دابڕێژێتەوە بە جۆرێك کە پێکەوە ژیان و مافی مرۆڤ و مەدەنیەت سەرچاوەی بێت.

سڵاو لەسەرجەم ئەو کادیرو ئەندامانەی لەمێژووی ئەم رێکخراوەدا کاریان کردووەو ماندوو بوون.

سڵاو دەنێرین بۆ خۆڕاگری و قارەمانێتیی پێشمەرگەو گەریلا و شەڕڤانان!

سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان!

سڵاو لە چلەمین ساڵیادی بەردەوامی و سەرکەوتنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان!

**مەکتەبی سکرتاریەتی**

**کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان**

**٢٠١٦/٤/٢٦**

## پاشکۆی ژمارە ٢

## پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
## بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

خوێندکارانی کوردستان!

ئەندامە دڵسۆزەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران!

بە بۆنەی یادی چل ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی خوێندکارانی ئازیزی کوردستان و تێکڕای کادیرو ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکاران دەکەین، کە لە تێکۆشانی رێکخراوەیی و زانستی و دیموکراتیدا بەردەوامن، بۆ بەدیهێنانی مافەکانی خوێندکاران و خوێندنی هاوچەرخ لە کوردستان و

پەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی و ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستاندا. هەروەها سەری ڕێز لە ئاست کێلی بەرزی شەهیدە نەمرەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران دادەنەوێنین، کە لە ڕۆژگاری سەختی خەبات دژی بەعسییە فاشییەکان و ڕزگارکردنی گەلی کوردستان، زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنیان کردبووە سەنگەری بەرەنگاری و بەگژاچوونەوەی ستەم و چەوساندنەوەی گەلەکەمان و سیاسەتی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی و بە بەعسی کردنی پرۆگرام و ناوەندەکانی خوێندن و لەو پێناوەشدا گیانیان بەخشی. هەروەها سڵاو دەنێرین بۆ ئەو کادیرو هەڤاڵە تێکۆشەرانەی، کە لە وێستگە جیاجیاکانی کاروانی خەباتی چوار دەیەی کۆمەڵەی خوێندکاراندا بەشدار بوون، ئەرکی نیشتمانی و ڕێکخراوەیی و حزبییان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەجێ گەیاندووە.

هەڤاڵانی کۆمەڵەی خوێندکاران!

چل ساڵ لەمەوبەر و لە هەلومەرجێکی تەواو دژوار و سەختدا کە بە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە کوردایەتی و کوردەواری تووشی هاتبوو، هێشتا ساڵێك تێنەپەڕی بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرابوو و شۆڕشی نوێ لە سەرەتای بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا بوو، کە ئومێدێکی گەورەی لە نێو ناخ و ئەندێشەی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەردا خوڵقاندبوو، لە ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٢٦ بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان بڵاو کرایەوە، کەدواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان. ئەمە لەهەلومەرجێکدا بوو، دامەزراندنی ڕێکخراوی پیشەیی و سەندیکاو کۆمەڵەکان بە هەموو جۆرێك قەدەغە بوو و قورسترین سزاشی لەسەر بوو، کە لەسێداردان بوو. هەروەها بەعسییە فاشییەکان هێشتا شاگەشکەی نسکۆی شۆڕش بەری نەدابوون، بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتی نەگریسی تەعریب و تەبعیس لە زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندن و قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونیی خوێندکارانی کورد. لەو دەمەدا ژمارەیەك خوێندکاری شۆڕشگێڕ، بە هەستکردن بە لێپرسراوێتیی نیشتمانی و نەتەوەیی و مێژوویی باکیان لەسێدارە و ئەشکەنجەدان نەبوو، بوونە دەستەی یەکەمی کۆمەڵەکە و دواتر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بازنەی کادیر و ئەندامان و پانتایی چالاکیی کۆمەڵەکە بەرفراوان دەبوو. زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنیان کردبوو بە سەنگەری بەگژاچوونەوەی سیاسەتی بەعسییە فاشییەکان و قڕکردن و چەوساندنەوەی گەلەکەمان، بۆیە لەو پێناوەدا کۆمەڵەی خوێندکاران، سێ سکرتێرو ژمارەیەکی بەرچاو شەهیدی پێشکەش بە کاروانی سەروەرانی نیشتمان کرد و ژمارەیەکی تریشیان ڕووبەڕووی زیندان و ئەشکەنجەو دوورخستنەوە بوون لە خوێندن.

هەڵگرانی مەشخەڵی زانست و خەبات!

لە دوای ڕاپەڕین، کۆمەڵەی خوێندکاران بە کارنامەیەکی نوێ و هەمەلایەن، هەر زوو خۆی بۆ خەباتی مەدەنی و پیشەیی و دیموکراتی ساز داو دروشمی «خوێندنی هاوچەرخ و گۆڕینی فەلسەفەی پەروەردە»ی کردە شا ئامانجی خەبات تا سیستم و پرۆگرامی خوێندن لە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی فاشییانەی بەعس خاوێن بکرێتەوە و پرۆگرامێکی هاوچەرخ کە بگونجێ لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بچەسپێنێ. هەروەها داکۆکیکارێکی ڕاستگۆی مافەکانی خوێندکاران و هۆشیارکردنەوەیان و پەرەپێدانی ناوەندەکانی خوێندن بوو، کە لە ٢٥ ساڵی خەباتی مەدەنی و دیموکراتیدا دەتوانێ شانازی پێوە بکات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شانازی بە شەهید

و تێکۆشەرە بوێرەکانتانەوە دەکات کە لەخەباتی نهێنی و زیندانەکاندا، نمونەی شۆڕشگێڕی راستەقینە بوون. شانازی بە مێژووی پڕ سەروەریتانەوە دەکەین. هەروەها ئەو راستییەش روونە، کە کۆمەڵەی خوێندکاران لەمێژووی خۆیدا ژمارەیەکی بەرچاو کادیری هۆشیاری پێ گەیاندووەو دواتر لەنێو ئۆرگانە جیاجیاکانی یەکێتیدا ئەرکەکانیان راپەڕاندووە.

هەڤاڵانی سکرتێرو سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکاران!

لە ئێستادا کە بیرەوەریی چل ساڵەی دامەزراندنتان بەرز رادەگرین، کوردستان و عیراقو ناوچەکە لە هەلومەرجێکی هەستیار دایە و لە بەردەم گۆڕانکاریی گەورە دایە. کوردستان و کوردەواری رووبەڕووی قەیرانی سیاسیو دارایی بۆتەوە. لە لایەکی ترەوە تیرۆریستانی داعش و سەلەفییە توندڕەوەکان مەترسیی گەورەن لەسەر گەلەکەمان و دیموکراسی، بۆیە پێویستە چالاکانەتر و بە کارنامەیەکی نوێی هەمەلایەنەوە خۆتان ساز بدەن بۆ خەبات و زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندەکانی خوێندن بکەنە گۆڕەپانی بەجێهێنانی ئامانجەکانتان لەپاڵ داکۆکیکردن لە ماف و پێداویستییەکانی خوێندکاران، خەبات بکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران و پەرەپێدانی کولتوری دیموکراسیو کرانەوەی زیاتری ناوەندەکانی خوێندن و بەگژاچوونەوەی بیری توندڕەوی و دواکەوتوویی و گۆڕانکاری لە سیستەم و پرۆگرامی خوێندن، کە هاوشانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو زانستییەکانی سەردەم بێت. وەك هەمیشە پێشەنگی خەباتی خوێندکاران بن بۆ بەدیهێنانی تەواوی ئامانج و ئەرکە نیشتمانی و رێکخراوەیی و دیموکراتییەکانتان.

سڵاو لە شەهیدە نەمرەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

سەرکەوێ خەباتی مەدەنی و دیموکراتیی کۆمەڵەی خوێندکاران بۆ بەدیهێنانی خواستی خوێندکاران و خوێندنی هاوچەرخ.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## یەکێتیی رۆژنامەنوسانی کوردستان

رێکخراوێکی پیشەییە، چەند رۆشنبیرێکی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بێلایەن لە ساڵی ١٩٨٤دا دایانمەزراندووە. بەیاننامەی دامەزراندنی رێکخراوەکە کە بە شێوەی نامیلکەیەکی شەش لاپەڕەیی دیزاین کراوە، لە چاپخانەی برایم عەزۆ لە بەرگەڵوو چاپ کراوە.

رێکخراوەکە لە قۆناغی وتووێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراقدا دامەزراوە کە تێیدا ئاگربڕ لەئارادا بووەو بەم هۆیەوە دەرفەتێکی زۆرتر بۆ پێك گەیشتنی رۆشنبیرانی پێشمەرگەو رۆشنبیرانی شارەکان هاتۆتە ئاراوە. دامەزراندنی رێکخراوەکە بڕیارێکی ناوەندیی لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لە پشتەوە نەبوە بەڵکو زۆرتر زادەی دەستپێشخەریی هاوبەشی چەند رۆشنبیرێکە کە هەندێکیان پێشمەرگەو سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بونو هەندێکی تریان بێلایەن بون.

لەبەر کەمیی ژمارەی رۆژنامەنوسان لە ناو ریزی هێزی پێشمەرگەدا، رێکخراوەکە رۆڵێکی ئەوتۆی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا نەبوەو هیچ چالاکییەکی نەنواندووە. لە شارەکانیش، لەبەر سروشتی کاری نهێنیی رێکخراوەکە، هیچ هەڵسوڕانێکی بەرچاوی پێ ئەنجام نەدراوە. بۆیە، جگە لەو بەیاننامەیەی کە لە ساڵی ١٩٨٤دا دەری کردوە، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ هیچ چالاکییەکی دیکەی ناکەنو لەم سۆنگەیەوە دەکرێ بە رێکخراوێکی ناکارا ناو ببرێ.

یەکەم کەس ئاماژەی بە بونی ڕێکخراوەکە کردبێ، نەوزاد عەلی ئەحمەدە، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٧دا، لە دوتوێی وتارێکدا بە ناونیشانی «بەیاننامەی دامەزراندنو ئامانجەکانی یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان» کە لە ژمارە ١٠ی وەرزنامەی «ڕۆژنامەنوس»ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بڵاو کراوەتەوە. بەڵام یەکەم کەس بکەرە دیارەکانی پشت دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی ئاشکرا کردبێ، عەدالەت عەبدوڵڵایە، ئەویش لە دوتوێی توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی «بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان» کە ساڵی ٢٠١٣ لە ژمارە ٥٩ی گۆڤاری «ڕێبازی نوێ» بڵاوی کردۆتەوە. بەپێی عەدالەت عەبدوڵڵا، ڕێکخراوەکە بەدەستپێشخەریی ئەبوبەکر خۆشناوو نەژاد عەزیز سورمێو چەند ڕۆشنبیرێکی تر دامەزراوە، سەبارەت بە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر زانیاریی پێویست لە ئارادا نیە.

دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە هەوڵیانداوە ڕێکخراوەکە مۆرکێکی حزبیی پێوە نەبێو بۆ وەرگرتنی ئەندامی سەر بەهەموو گروپو حزبەکان کراوە بێ.

ئەگەرچی ناونیشانی سەر بەرگی چاپکراوەکە ئاماژە بۆ بەیاننامەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە دەکا، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە چاپکراوەکە بەیاننامەو پڕۆگرامی ڕێکخراوەکەی لەخۆ گرتووە. لە پڕۆگرامدا ڕێکخراوەکە خۆی بە «ڕێکخستنێکی پیشەیی ئازادو سەربەخۆ» ناسیوەو مافی داوەتە «هەموو ڕۆژنامەنوسێکی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخواز لە کوردستاندا، ئەوانەی ڕۆژنامەنوسییان کردوەتە پیشەی خۆیان بۆ خزمەت کردنی گەلو نیشتمانەکەیان» ببن بەئەندام تێیدا. پڕۆگرام وای داناوە کە «کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆژنامەگەرێتی» یەکێکە لە ئامانجەکانیو ئومێدی ئەوەشی خواستوە کە ڕۆژنامەوانیی کوردی «لە ئاستی هونەری ڕۆژنامەنوسیی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بێت».

## پاشکۆ

## پڕۆگرامی یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان

١-ناو: یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

٢-یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان ڕێکخستنێکی پیشەیی ئازادو سەربەخۆیە، هەموو ڕۆژنامەنووسێکی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخواز لە کوردستاندا ئەوانەی ڕۆژنامەنووسییان کردوەتە پیشەی خۆیان بۆ خزمەت کردنی گەلو نیشتمانەکەیان، هەموو مافێکی بەشداری کردنیان تێدا هەیە بەبێ گوێدانە ڕای سیاسیو بیروباوەڕی فیکری.

١-کارکردن بۆ توندکردنی خەباتی گەلی کورد لەپێناوی گەیشتنە هەموو مافە نەتەوەییە ڕەواکانی.

٢-کارکردنبۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆژنامەگەرێتیی کوردی لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە کە لە ئاستی هونەری ڕۆژنامەنووسیی وڵاتە پیشکەوتووەکاندا بێت و کارکردن بۆ دامەزراندنی چاپخانەی نوێو دروست کردنی دەزگای بڵاوکردنەوەو دابەش کردنو مەشق پێکردنی کادیرە چاپەمەنییە شارەزاکان.

٣-کۆشش کردن بۆ دەرچواندنی ڕۆژنامەو گۆڤاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو هەموو جۆرە ڕۆژنامەیەکی تایبەت و ڕۆژنامەگەرێتی کوردی شوێنێکی شایستەو دیاری ڕەوای خۆی لە ناو ڕۆژنامەگەرێتی ناوچەیی و جیهانیدا هەبێو گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بۆ هەموو دنیای ئاوەدان و پەیامنێرە هەمیشەییو کاتییەکان بۆ دەوڵەت و کۆنگرە گرنگەکان بنێردرێن.

٤-کۆشش کردن لەپێناوی دامەزراندنی ئاژانسی

دەنگوباسی کوردستان دوای ئامادەکردنی کادیری پێویست و بەتواناو دەزگای هونەری‌و ئامێرەکان.

٥-بەشێکی تایبەت بە ڕاگەیاندن لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆکانی کوردستان بکرێتەوە دوای ئامادەکردنی کادیری پێویستو فراوان کردنی وەرگرتنی ئەو خوێندکارە کوردانەی ئارەزووی خوێندنی ڕۆژنامەگەرییان هەیە لە ناوەوەو لە دەرەوەی وڵات.

٦-یارمەتیدانی ئەندامەکانی یەکێتی بەپێی پێویست و توانای دارایی‌و کۆشش کردن بۆ دۆزینەوەی کار بۆ ئەوانەی بێکارن.

٧-پتەو کردنی گیانی برایەتیی راستەقینە لە نێوان هەموو هاووڵاتیان بەبێ گوێدانە بیروڕای جیاجیاو ڕێزگرتن لە مافە فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتیەکانیان.

٨-وەستان دژی چەوسانەوەو دەست بەسەراگرتن و خەباتی بێوچان دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی‌و پاڵپشتی کردنی بزوتنەوە رزگاریخوازە نیشتمانییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەپێناوی ئاشتی لە جیهانداو بڵاوکردنەوەی عەدالەتو ئازادی‌و پێشکەوتن.

٩-بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کەتەنیا سەرچاوەکانیان دەزانرێ‌و فڕێنەدانی هیچ بەشێکی‌و قەدەغەکردنی دەستوەردانە بەڵگەنامەکانو چاك کردنەوەی ئەو هەواڵەی کە بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە.

١٠-دوور کەوتنەوە لەدروست کردنی هەواڵ‌و بازدان بەسەر هەموو جۆرە تاوانبارکردنێك کە لەڕاستییەوە دوورەو مسۆگەرکردنی مافی جەماوەر لە ئاگاداربوون لە دەنگوباسە راستەکان.

١١-داکۆکی کردن لە ئازادیی ڕۆژنامەگەرێتی‌و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان و مسۆگەرکردنی دادگای پێویست بۆیان لە دژی هەموو جۆرە تاوانێك کەبەرامبەریان دەکرێت لە ئەنجامی رادەربڕینو بۆچوونەکانیانو مسۆگەرکردنی مافی بەرگری کردن لەخۆیانو دابین کردنی ژیانیان.

١٢-رزگارکردنی رۆژنامە لەو ترسەی کە سەبارەت بەو فشارانەی رووبەڕووی دەبنەوەو سنوور بۆ سەربەستیی دادەنێن وەك باج دانان و بێ بەش کردنی لە ئیعلانات و سانسۆر لەسەر دانانی بە هەردوو جۆرەکانیەوە پێش بڵاوکردنەوەو دوای بڵاوکردنەوە.

١٣-کارکردن بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی هەرەوەزی‌و برایەتی لەگەڵ رۆژنامەنووسەکانی عیراقو وڵاتانی دۆستو بەشداری کردن لە رێکخراوی رۆژنامەنووسانی جیهانو ئەو رێکخراوانەی هاوکۆکن لە ئەنجامدا.

١٤-کۆشش کردن بۆ پتەوکردنی خۆشەویستیی وڵات و وەفاداری‌و شەڕەفی هاووڵاتیەتی بۆی‌و بەربەرەکانێ کردنی بێموبالاتی‌و بەهێزکردنی بەرەی خەباتی دژ بەئیمپریالیزم بە هەردوو شێوە کۆن و تازەکەیەوە لەسەر بنچینەی هاریکارییەکی پاك لە نێوان هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکان بەجۆرێك کە خێرو پێشکەوتنی کوردستان و مافی نەتەوەیی گەلی کوردو دیموکراسیی راستەقینە بۆ گەلی عیراق دابین بکات.

١٥-کۆشش کردن بۆ بنیاتنانی خانوبەرەو مسۆگەرکردنی زەوی بۆ ئەندامان بەنرخێکی هەرزان و بووردنیان لە باج و رسومات و کرێی راژە تەندروستیەکان.

١٦-یارمەتیدانی رۆژنامەنووسە ئازادە چەوساوەکان کە سەبارەت بەخەبات کردنیان و هەوڵدانیان بۆ ئاسان کردنی مەسەلەی گوزەرانو کۆمەڵایەتی دەچەوسێنەوە.

١٧-هاوکاری کردن لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکان لەوڵاتانی عەرەبی‌و دونیاو پشتگیریی خەباتی رەوایان دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی بەتایبەتیش مافی گەلی عەرەبی فەلەستین لەگەڕانەوەو نووسینی چارەی خۆیانو پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆیان.

تکا لە هەموو رۆژنامەنووسە پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان دەکەین کە پشتگیریی یەکێتییە تێکۆشەرەکەیان (یەکێتیی رۆژنامەنوسانی

کوردستان) بکەن بەوەی کە بەرهەم و نوسین و سەرنجەکانی خۆیانیان بۆ بنێرن.

تێبینییەك لە ئینسکلۆپیدیاوە: کۆپیی ئۆریژناڵی دیکۆمێنتەکە زۆر هەڵەی لە بواری رێنوس و رێزمان و شێوەی تایپ کردندا تێدایە کە دیارە هۆکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەقەکە بە دەستخەتێکی ناخۆش نوسراوەو بە باشی هەڵەبڕی نەکراوە، هەروەها لەسەر کاغەزی دەقەکە هەڵە زمانەوانییەکان چاك کراونەتەوەو پێداچونەوە بە داڕشتنی بەیاننامەکەدا کراوە، کە دیارە ئەمەش زۆر کێشەی بۆ تایپیستی دەقەکە دروست کردووە. لەدەقە ئۆریژناڵەکەدا خاڵی نۆیەم هەمان ناوەڕۆکی خاڵی دەیەمی هەیەو پێدەچێ خاڵی دەیەم ئەلتەرناتیڤی خاڵی نۆیەم بووبێ پاش چاك کردنی رستە شێواو و شپرزەکانی، بەڵام بەهەڵە هەردوو دەق دانراونەتەوە، لە کاتێکدا کە دەبوایە دەقە پوچەڵکراوەکە لابرێ. ئەو تێکستەی لێرە بڵاوکراوەتەوە، بەبێ دەقە پوچەڵکراوەکە بڵاوکراوەتەوەو بە هۆی ئەمەوە ژمارەی خاڵەکان لە هەژدە خاڵەوە بۆتە حەڤدە خاڵ.

## یەکێتیی ژنانی کوردستان

ڕێکخراوێکی دیموکراتییە ئامانجەکەی بەدی هێنانی مافەکانی ژنان و هێنانە کایەی کۆمەڵێکی یەکسانە کە تێیدا تاکەکان بەبێ جیاوازی بەشدار دەبن لە ئەرك و مافدا. پێشتر، لە ناو ڕێکخراوەکانی ناو شارەکان، هەوڵ بۆ ئەم مەبەستە دراوەو پرۆژەکە زۆر جار وروژێنراوە، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە بە ناکامی مانەوە.

بەرچاوترین هەوڵ بۆ وروژاندنی مەسەلەی پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی دیموکراتی بۆ ژنان بۆ ساڵی ١٩٨٤ دەگەڕێتەوە، کاتێك تاڵەبانی بە شێوەیەکی فەرمی و لە دیکۆمێنتێکی نوسراو و راگەیەندراودا مەسەلەکەی وروژاند. لە ٢١ی ئازاری ١٩٨٤دا لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزدا، تاڵەبانی وتارێکی دورو درێژی لە گردبونەوە جەماوەرییە فراوانەکەی سورداش خوێندەوە، تێیدا چەردەیەك بابەتی گرنگی وروژاند، لەوانە مەسەلەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی دیموکراتی بۆ پارێزگاری کردن لە مافەکانی ژنان و بڵاوکردنەوەی کەلتوری یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان و پەرەپێدانی ڕۆڵی ژنان لەبزوتنەوەی سیاسیدا. لەم سەروبەندەدا داوای لە ژنانی ناو ڕێکخستنەکان کرد «یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ببوژێننەوە و بیخەنەوە گەڕ». پاساوەکەی ئەوە بوو کە «بێ ڕێکخستن و جۆشدانی خەباتی ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵن، بێ هاوبەشیی چالاکانە و ژیرانەیان لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا سەرکەوتن بە دەست نایەت».

بەڵام سەرەڕای بانگەوازەکەی تاڵەبانی و سەرەڕای ئەوەی کە ڕێکخستنی ناو شارەکان ژمارەیەکی بەرچاوی ژنانی لەخۆ گرتبوو، پێداویستی و مەرجەکانی پێکهێنانی ڕێکخراوەکە، بە قەد ئەوەی کە پێویستە، فەراهەم نەکران، بۆیە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە چەند ساڵێك دوا کەوت.

لە قۆناغی پاش شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لەسەروبەندی پەی بردنێکی زۆرتر بە گرنگیی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە ژیانی سیاسیدا، بیرۆکەکە بوژایەوەو کاری پێویستی بۆ کرا. داینەمۆی سەرلەنوێ وروژاندنی پرۆژەکە، زۆرتر ئەو ژنانە بون کە ژیانی ئاوارەییان لە ئێران بەسەر دەبرد و بەدی

هێنانی مافە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی ژنانیان بە درێژەپێدانی ئامانجە نیشتمانییەکان دادەنا.

پێداویستییە کردەییەکانی پرۆژەکە لە مانگی تەموزی ١٩٨٩ لە لایەن هێرۆ برایم ئەحمەدەوە دابین کران و زۆری نەبرد پرۆژەکە چووە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە. بۆ ئەم مەبەستە، پەیوەندی بەکافیە سلێمانەوە کرا و دوای بیروڕا گۆڕینەوەو راوێژو شەن و کەو کردنی بیرۆکەکە، بڕیار درا کار بۆ هێنانە دیی رێکخراوێکی دیموکراتی بۆ ژنانی کوردستان بەهەمـوو نـەتـەوەو ئـایـن و مـەزهـەب و بـیـروڕای سیاسییەوە بکرێ. لەم رووەوە پەیوەندی بە پەخشان جەلال حەفیدو سەبیحە شێر محەمەدو کەژاڵ ئەحمەد عەلییەوە کرا و بڕیار درا پرۆژەی پەیڕەو و پرۆگرامی رێکخراوەکە ئامادە بکرێت.

دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەگەڵ هەڵسوڕاوانی ژن، لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ یەکێتیی ژنانی کوردستان لە سەقز دامـەزرا. دەستەی بەڕێوەبەری رێکخراوەکە لە ١١ ژن پێك هات کە ئەمانەن: هێرۆ برایم ئەحمەد، کافیە سلێمان عەبدوڵڵا، پەخشان جەلال حەفید، سەبیحە شێر محەمەد، کەژاڵ ئەحمەد عەلی، رەحمە عەبدوڵڵا، دڵـدار مەجید بەهادین ئامێدی، پەری عەلی قەرەداغی، ئەڵماس، مەهاباد، چیمەن عەبدولڕەحمان.

دوا بەدوای ئەمە، پەیوەندی بە چەند هەڵسوڕاوێکی دیکەی ژنـەوە کـرا بۆ هـاوکـاری کردنی دەستەی بەڕێوەبردن و بڵاوکردنـەوەی پەیـڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی ژنانی کوردستان لە ناو ژنانی تاراوگەدا. ئەوانەی کە پەیوەندییان پێوە کرا ئەمانەن: وەسفیە بەنی وەیس، نەسرین مارف، مەهاباد شێخ محەمەد ئەمین، گەلاوێژ فوئاد، حەلیمە حەمید، رێزان ئەحمەد هەردی، حەسیبە عەبدوڵڵا خورشید، خەمینە ساڵح ئەحمەد، پەیمان سەرهەنگ، گەلاوێژ سەیوان، پەرژین محەمەد ساڵح، شوکریە کەریم، گەلاوێژ مەجید، فاتیمە رەشید، بێریڤان مستەفا، کەژاڵ عەلادین، تارا شێخ عوسمان و پەیمان حەمید کە زۆربەیان لە سەقزو بانەو ورمێ و مەهابادو مەریوان نیشتەجێ بوو بوون.

لـە ١١ی تشرینی دووەمــدا یەکێتیی ژنـان لە بانگەوازێکدا داوای لـە ژنـان کـرد بەشدارییەکی کاراتر لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا بکەن. لە بانگەوازەکەدا هاتبوو: «گەلەکەمان بەرەنگاری سەختترین شـەڕی ژیـان و مـردن بـۆتـەوە، هیچ شێوەیەکی لە ناوبردن نەماوە دوژمن بەکاری نەهێنێ هـەر لـە کـاولـکـردنـی گـونـدەکـان و راگـواسـتـنـی خەڵکەکەیەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان تا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و هێرشی بەربڵاوو بەدیل گرتن و شەهیدکردنی گەنج و پیر تا دەگاتە سەر فرۆشتنی ژن و منداڵان.

دە کەواتە ئەی خوشکان با لەم قۆناغە ناسکەی گەلەکەمانی پێیدا تێپەڕ دەبێ یەکگرین و خۆمان لە ژێر ئاڵای یەکێتیی ژنانی کوردستاندا رێك بخەین، بۆ ئەوەی هەموو تواناکانمان بخەینە پاڵ توانای پیاوانی کورد و هەموو بەیەکەوە بەیەك دەست و بە یەك دەنگ بـەرەنـگـاری فاشستەکانی عیراق ببینەوە، ئەمڕۆ بزووتنەوەی گەلەکەمان لە هەموو رۆژانـی رابـردوو زیاتر پێویستی بە توانای ئێمە هەیە، دە با لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات خاوەنی دەنگی خۆمان بین، دەنگی نـاڕەزایـی خـۆمـان، دەنگی بـەسـۆزی کاریگەرترین مرۆڤی دنیا، دەنگی دایکان دژی رەفتارەکانی رژێمی عیراق سەبارەت بەگەلەکەمان بەرز بکەینەوەو بەدنیای رابگەیەنین و سەدامی جەللاد ریسوا بکەین».

یەکێتییەکە بـۆ رایـی کـردنـی ئـەرکـەکـانـی لـەو هەلومەرجە سەختەدا، چەند لیژنەیەکی پێکهێناو ئەرکەکانی بەم جۆرەی خـوارەوە بەسەرکادیرەکاندا دابەش کرد:

-لیژنەی ڕاگەیاندن کە هێرۆ برایم ئەحمەد سەرپەرشتیی دەکردو گرنگترین کاری، دەرکردنی دوو ژمارە بوو لەگۆڤاری «تەوار».

-لیژنەی دارایی کە ئەرکەکەی کۆکردنەوەی ئابوونەی ئەندامان بوو.

-لیژنەی خزمەتگوزاری کە ئەرکەکەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بوو بە ژنان و منداڵانی ئاوارە لە کاتی نەخۆشی و لێقەوماندا.

-لیژنەی ڕێنمایی تەندروستی کە ئەرکەکەی پێشکەش کردنی ڕێنمایی تەندروستی بوو بە ژنان و بەسەرکردنەوەی ئۆردوگاکان بۆ دڵنیابوون لە باری تەندروستیی ژنان. لەم سەروبەندەدا ئەرکە پزیشکییەکان ڕێزان ئەحمەد هەردی ئەنجامی داوە.

-لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کە ئەرکەکەی دروستکردنی رایەڵەی پەیوەندی بوو لەگەڵ هەندەراندا. ئەم لیژنەیە لە نێو ژنانی کوردی نیشتەجێی سوید لیژنەیەکی لە رووناك رەشید و نەرمین عوسمان و هەتاو ئیبراهیم بۆ رایی کردنی کاروباری پەیوەندیی دەرەوە پێکهێنا.

-لیژنەی کۆمەڵایەتی کە ئەرکەکەی قوڵ کردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بوو بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەموو نەریتێکی کۆمەڵایەتی کە لەبوونی کەسایەتیی ژن کەم دەکاتەوە.

تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، یەکێتیی ژنان هیچ بارەگایەکی دیاریکراوی لە ناو ئێراندا نەبوو. کۆبوونەوەکان لە ماڵی ئەندامان ئەنجام دەدران. لە ئایاری ١٩٩١ یەکێتیی ژنان یەکەم بارەگای لە قەڵاچوالان کردەوەو لە مانگی تشرینی یەکەمدا بارەگاکەی بۆ سلێمانی گواستەوە.

لە ٢١ی تشرینی ساڵی ١٩٩٩دا یەکێتیی ژنانی کوردستان کۆنگرەی یەکەمی لە سلێمانی لە ژێر دروشمی ( با یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی ژنانی کوردستان ببێتە دەستپێکی کاری جدی و عەمەلی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان) بەست. کۆنگرەکە ٣ رۆژی خایاند و تێیدا کافیە سلێمان عەبدوڵلا بە سکرتێری یەکێتیی ژنانی کوردستان هەڵبژێردرا.

بابەتی پەیوەندیدار:

* تەوار (گۆڤار)

## پاشکۆی ژمارە ١

## بانگەوازێك لە یەكێتیی ژنانی كوردستانەوە بۆ گشت كچان و ژنانی كوردستان

خوشکانی بەڕێز:

گەلی کورد خاوەن مێژوویەکی پڕ لە سەروەریی رۆڵی کچانو ژنانی کوردستانە کەهەمیشەو لەهەموو هەلومەرجێکدا بەهەموو هێزو تواناییانەوە هاوخەباتی پیاوان بوون لەکۆششی بێ وچانیان لەپێناوی سەربەرزیی گەلە قارەمانەکەیانو رزگارکردنی خاکە پیرۆزەکەیان. خاتو شانازی ئەردەڵان لەکۆڕی جەنگو خوشکە لەیلا قاسمی شەهیدیش لەخەباتی نهێنیی ناو شاردا نمونەی زیندوی ئەو هاوخەباتییەن. لەراپەڕینو خۆپیشاندانی شارو شارۆچکەکانیشدا کچو ژنی کورد هەمیشە لە ریزی پێشەوە بوونو بە خوێنی گەشیان خاکی کوردستانیان ئاو داوە. ساڵەهایە بەهەزاران لەدایکانو خوشکان ئەم زیندانو ئەو زیندانیان پێ دەکرێت تەنانەت سەدان ساوا لە زیندانی فاشیەکاندا یەکەم هەناسەی ژیانیان هەڵکێشاوە. لە ناوچە رزگارکراوەکانیشدا خوشکان شان بەشانی هاوسەرو براکانیان خەباتیان بۆ ژیانو پاراستنی مناڵەکانیان کردوە. سەختیی ژیان، تۆپو فڕۆکەی رۆژانەی دوژمن، تەنانەت چەکی بەکۆمەڵکوژی کیمیایی نەیانتوانیوە ورەیان بڕوخێننو لە کۆڕی خەباتیان دور خەنەوە.

خوشکینه

گەلەکەمان بەرەنگاری سەختترین شەری ژیانو مردن بۆتەوە. هیچ شێوەیەکی لە ناوبردن نەماوە دوژمن بەکاری نەهێنێ، هەر لەکاول کردنی گوندەکانمانو راگواستنی خەڵکەکەیەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان تا بەکارهێنانی چەکی کیمیاییو هێرشی بەربڵاو و بەدیل گرتنو شەهیدکردنی گەنجو پیر تا دەگاتە سەر فرۆشتنی ژنو منداڵان.

دە کەواتە ئەی خوشکان با لەم قۆناغە ناسکەی گەلەکەمانی پێدا تێپەڕ دەبێ یەکگرینو خۆمان لە ژێر ئاڵای یەکێتیی ژنانی کوردستاندا رێك خەین، بۆ ئەوەی هەموو توانامان بخەینە پاڵ توانای پیاوانی کورد، هەموو بەیەکەوە بە یەك دەست و بە یەك دەنگ بەرەنگاری فاشیستەکانی عیراق ببینەوە. ئەمرۆ بزوتنەوەی گەلەکەمان لە هەموو رۆژانی رابوردو زیاتر پێویستی بەتوانای ئێمە هەیە. دە با لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات خاوەنی دەنگی خۆمان بین. دەنگی ناڕەزاییی خۆمان، دەنگی بەسۆزی کاریگەرترین مرۆڤی دنیا، دەنگی دایکان دژی رەفتارەکانی رژێمی عیراق سەبارەت بەگەلەکەمان بەرز بکەینەوەو بە دنیای رابگەیەنینو سەدامی جەللاد ریسوا بکەین.

خوشکانی بەڕێز

لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە دژوارەی گەلەکەمانی پێدا تێدەپەڕێو لە ئاکامی پێویستیی قۆناغەکەدا چەند خۆشکێکتان گەلێك چاوپێکەوتنو کۆبونەوەیان بە مەبەستی خستنەگەڕی هێزو توانای کچانو ژنانی کوردستانی عیراق لە هەر کوێ بن بۆ هاوبەشی کردنیان لەم خەباتە پیرۆزەدا بەست.

تا لەرۆژی ١٩٨٩/١١/٤دا کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی ژنانی کوردستانیان پێك هێناو پرۆگرامو پەیڕەویان ئامادە کرد، بۆیە هەموو ژنو کچێکی کوردستانی عیراق بەجیاوازیی نەتەوەو ئاینو بیروڕای سیاسییەوە دەتوانێ ئەگەر پرۆگرامو پەیڕەوەکەی پەسەند کردو مەرجەکانی ئەندامەتیی تێدا بێت، ببێتە ئەندامی رێکخراوەکە.

یەکێتیی ژنانی کوردستان خەبات لەپێناوی هۆشیارکردنەوەو هاندانو رێکخستنی کچانو ژنانی شارو گوندو دەرەوەی وڵات دەکات، هێزو توانای یەکگرتویان ساز دەداتو دەیخاتە مەیدانی ئامانجەکانەوە. رێکخستنو سازدانو رێبەری کردنی کچانو ژنانی کوردستان لەپێناوی ئامانجو مافەکانیاندا شان بەشانی بەشەکانی تری کۆمەڵی کوردستان، بەپێی سەرەتای راست و دروستی پشت بەخۆبەستنە چونکە رزگارکردنی هەر چینو توێژێکی کۆمەڵ لەپێشەوە ئەرکی خۆیانەو ماف دەسەنرێت نابەخشرێت.

یەکێتیی ژنانی کوردستان بە ئەرکی پیرۆزی خۆی دەزانێت کە بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە بەشداریی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردو کوردستان بکات، هاوکاریو هانی پیاوان لەم خەباتە پیرۆزەدا بدات. هەروەها بەتوندی بەگژ هەموو جۆرە بیروڕایەکی هەڵاتنو بەزین و خۆدزینەوە لەم شەڕی ژیانو مردنەی گەلەکەماندا دەچێتەوە.

یەکێتییەکەمان خەبات لەپێناوی خێزانێکی تەباو پڕ خۆشەویستیو ریشەکێش کردنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

خەبات لەپێناوی چاندنی تۆوی دیموکراسیەت لە ناو خێزاندا دەکات تا لقو پۆپ دەرکاو لە ناو کۆمەڵگاکەمان رەگو ریشە داکوتێت.

بۆ پێشەوە:

بەرەو سەرکەوتن

بەرەو هێنانە دیی مافە رەواکانی گەلەکەمان.

بەرەو چەسپاندنی مافی ژنانی کوردستان.

یەکێتیی ژنانی کوردستان

١٩٨٩/١١/١١

## پاشكۆی ژماره ٢

## پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتیی ژنانی كوردستان
## (كانونی دووەمی ١٩٩٠)

١-ناوی ڕێكخراوەكە: یەكێتیی ژنانی كوردستان.

٢-مەیدانی چالاكی: كوردستانی عیراق و ئەو شوێنانەی كە ژنانی كوردستانی عیراقی لێیە.

٣-ڕێكخراوێكی جەماوەریی دیموكراتی سەربەخۆیە. هەموو ژنان و كچانی كوردستانی عیراق، بە جیاوازیی نەتەوەو ئاینو بیروڕای جیاوازی حیزبایەتیو فەلسەفی دەگرێتەوە كەپەیڕەوو پرۆگرامەكەی پەسند بكەنو باوەڕیان بە خەباتی ڕێكوپێك و ئاراستەكراو هەبێت لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەكانی ڕێكخراوەكە.

٤-ڕێكخراوەكە بەشێكە لەجوولانەوەی رزگاریخوازو دیموكراتیی كۆمەڵی كوردستان چونكە رزگاریی راستەقینەی ژنانی كوردستان و بەدیهێنانی ئامانجەكانیان لە رزگاریی كوردستان و سەركەوتنی گەلەكەیدایە.

### پرۆگرامی یەكێتیی ژنانی كوردستان

ئەرك و ئامانجە نیشتمانیو دیموكراتییەكان

١-بەشداری كردن لە خەباتی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە پێناوی رژێمێكی دیموكراتی كە مافی چارەنوس بۆ گەلی كوردو ئازادیو سەربەستییە دیموكراتییە سیاسییەكان و پێك هێنانی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان دابین بكات، بەجۆرێ كە ژنو پیاو یەكسان بن لە بەكارهێنانی مافەكانی هەڵبژاردنو خۆهەڵبژاردنو كاركردن و مافە سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیو تەندروستییەكاندا.

٢-خەباتكردن بۆ رزگاركردنی عیراق لەدیكتاتۆریەتو هەموو جۆرە ئازاردانێكی نەتەوایەتیو مەزهەبی. دارشتنەوەی رژێم و یەكێتیی نیشتمانیی عیراق لەسەر بناغەی دیموكراسیو مافی چارەنوسو بەئارەزوو پێكەوە ژیانو یەكسانی لە هەموو بوارەكان.

٣-خەباتكردن بۆ رزگاركردنی ئابوریی عیراقو كوردستان لەكۆتو زنجیری بێگانەو مەترسییەكانی لە ناوبردنو دابین كردنی هەلومەرجەكانی گەشەپێدانی ژیانی ئابوری لە كوردستاندا.

٤-هاوخەباتی لەگەڵ ژنانی عیراق لەپێناوی دیموكراسی و سەربەخۆیی و بەئارەزوو پێكەوە ژیانی گەلانی كوردو عەرەبو توركمان.... هتد.

٥-هاوخەباتی لەگەڵ ژنانی بەشەكانی تری كوردستان لەپێناوی ئازادی و دیموكراسی و مافی چارەنوس و بەگژا چونەوەی پیلانی دوژمنانی هاوبەش.

٦-بەشداری كردن لە خەباتی ژنانی رۆژهەڵاتو دنیاو بەهێزكردنی پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵیاندا لەپێناوی ئاشتی و دیموكراسی و ئازادیو مافی چارەنوس بۆ گەلان و بەگژاچوونەوەی پیلانی كۆنەپەرست و دیكتاتۆرەكان.

٧-هاوخەباتی لەگەڵ ژنانی ئاشتیو دیموكراتخوازی دنیا بۆ لە ناوبردنی ئیمپریالیزمو هەموو جۆرە چەوسانەوەیەكی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوەو بەتەواوی لە ناوبردنی چەكی كۆمەڵكوژی كیمیاییو بایۆلۆجیو ئەتۆمی لەدنیادا.

٨-هەوڵدان بۆ ناساندنی مەسەلەی رەوای گەلی كوردو خەباتی ژنانی بەدنیاو پەیوەندی كردن لەگەڵ ڕێكخراوەكانی ژنانی گشت وڵاتانو ڕێكخراوە مرۆییەكان.

مافەكانی ژنانی كوردستان

یەكەم: سیاسیو یاساییەكان

١-سەلماندنی هەموو ئەو مافانەی لە لایەن نەتەوە

یەکگرتوەکانو کۆمەڵەی مافی مرۆڤو ڕێکخراوە مرۆییو جیهانییەکانەوە بۆ ژنان دابین کراوە، بەدەوڵەتو تۆمارکردنیان لەدەستورو یاساکانی وڵاتدا.

٢-قەدەغەکردنی هەموو جۆرە جیاوازییەك و سەندنەوەی رەگەزنامەو مافەکانی هاووڵاتیان لەدەستوردا.

٣-تێکۆشان بۆ سەلماندنی جەژنی ژنانی کوردستانو ژنانی دنیاو کردنی بە رۆژی پشوودانی رەسمی لە کوردستاندا.

دووەم: کۆمەڵایەتییەکان

١-دانانی یاسایەکی نوێ بۆ خێزان کە یەکسانیی ژنو پیاو دابین بکات و بناغەی ژیانێکی ئاسودەو بەختیار دارێژێت کە دەستەبەری گەشەکردنی کۆمەڵ بێت.

٢-دابین کردنی مافی ژنان لە دامەزراندنی خێزانی نوێ لەسەر بنچینەی پێکرازیبوون و خۆشەویستیو هاوکاری لەژیانو گوزەراندا.

٣-دابین کردنی یەکسانیی موچەی ژنو پیاوو (بیمەی کۆمەڵایەتی) بۆ ژنان چ ئەوانەی کاردەکەنو چ ئەوانەی سەرقاڵی پەروەردەی منالن.

٤-دامەزراندنی مەڵبەندی رۆشنبیریو یانەی وەرزشیو کۆمەڵایەتی بۆ ژنان و هاندانیان بۆ هاوبەشی کردن تیایاندا.

٥-دابین کردنی ژیانێکی ئاسودەو بەختیار بۆ خێزانی شەهیدان و پەروەردەکردنی منالەکانیان.

٦-بەگژاچوونەوەی بیرو نەریتە کلاسیکییە کۆنەپەرستییەکان کە لە مرۆڤایەتیی ژنان و ماف و پەروەردە کردنیان کەم دەکەنەوەو ڕێگەی گەشەکردنی ئاسایی کۆمەڵایەتی دەگرن.

٧-گرنگیدان بە هەلومەرجی گەشەپێدانی ژنانو خێزانی نوێ لەلادێدا.

٨-سەردانی کردنی ئەو منالانەی کە بەهۆی وەزعی نالەباری کوردستانەوە لەکەسوکاریان دابڕاون، بۆ ئامۆژگاری کردنو ڕێنمایی کردنیان بە شێوەیەکی راستو دروست.

سێیەم: رۆشنبیرییەکان

١-نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناو کچانو ژنانی کوردستانداو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ناویاندا، بە جۆرێك کە بەزۆر پێخوێندنی کوڕو کچ تا قۆناغی ئامادەیی بگرێتەوە.

٢-ماوەدان بەکچانو ژنان بۆ تەواوکردنی دانیشگاو کۆلێجو خوێندنی باڵاو ناردنیان بە بوعسە بۆ دەرەوەی وڵات.

٣-دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزی.

٤-گەشەپێدانی رۆڵی کچانو ژنان لە ژیانی رۆشنبیریو هونەریو ئەدەبیو بەشداری کردنیان لەژیاندنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا.

شێوەکانی خەباتو چالاکی

١-یەکێتیی ژنانی کوردستان خەبات بۆ هۆشیارکردنەوەو هاندانو ڕێکخستنی ژنانی شارو گوندو هەندەران دەکات بە مەبەستی سازدان و خستنەگەڕی هێزو توانای یەکگرتویان لەپێناوی بەدیهێنانی پڕۆگرامەکەیدا.

٢-ڕێبەری کردنی کچانو ژنانی کوردستان شان بەشانی بەشەکانی تری کۆمەڵی کوردستان بەپێی سەرەتای «پشتبەخۆبەستن» و «رزگارکردنی هەر چینو توێژێکی کۆمەڵ لەپێشەوە ئەرکی خۆیانە»و «ماف دەسێندرێت نابەخشرێت».

٣-یەکێتیی ژنانی کوردستان خەبات دەکات ئامانجەکانی خۆی بەڕێگەی سیاسیو دیموکراتیو جەماوەری بهێنێتە دی. بەڵام لە کاتی پێویستدا شێوەکانی تری خەباتیش شان بەشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو عیراق فەرامۆش ناکات.

٤-یەکێتیی ژنانی کوردستان بە ئەرکی پیرۆزی

خۆی دەزانێت بەهەموو هێزو توانایەوە بەشداریی شۆڕش بکاتو پیاوان بۆ خەبات هان بدات و هاریکارییان بکات. هەروەها بەگژ هەموو جۆرە بیروڕایەکی هەلاتنو بەزین و خۆدزینەوەدا دەچێتەوە کە لەم شەڕی ژیانو مردنەدا گەلەکەمان دوچاری بووە.

٥-یەکێتیی ژنانی کوردستان بەپێی توانا بەشداری لەیارمەتی دانی منالانی شەهیدانو لێ قەوماوانی کوردستان دەکات.

٦-پێکهێنانی کۆمیتەی فریاگوزاری لە کچانو ژنانی کوردستان بۆ راپەڕاندنی ئیشو کاری پێویست لە کاتی لێ قەومانو تەنگانەدا.

٧-کردنەوەی دەورەی فێرکردنی برینپێچیو یارمەتی دانی دایکان بۆ چاودێری کردنی منالەکانیان.

پەیڕەوی ناوخۆ

یەکەم:

١-یەکێتیی ژنانی کوردستان رێکخراوێکی جەماوەریو دیموکراتییە بۆ ئەو کچو ژنانەی باوەڕیان بەپرۆگرامو سیاسەت و پەیڕەوی ناوخۆکەی هەیەو ئامادەی خەباتن لەپێناویدا.

٢-ئەستوندەکانی رێکخستنی یەکێتیی ژنانی کوردستان بریتین لە:

کارکردنی بەئارەزوو، خەباتی وێکڕاییو دڵسۆزی بۆ رێکخراوەکەو پرۆگرامو پەیڕەوەکەی، ناوەندێتیی دیموکراتی، رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن.

٣-هەموو کچو ژنێکی کوردستان بەجیاوازیی نەتەوەو ئاینو پلەی کۆمەلایەتییەوە ئەگەر مەرجەکانی ئەندامێتییان تێدا بوو بۆیان هەیە ببنە ئەندامی یەکێتیی ژنانی کوردستان.

دووەم: چۆنیەتیی بوونە ئەندام

١-تەمەن لە ١٦ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢-دەستو دەمو داوێن پاك بێت.

٣-هەر کچو ژنێك نامەی بوون بەئەندام دەنێرێت بۆ یەك لەکۆمیتەکان ئەوانیش دوای لێکۆڵینەوە بڕیار لەسەر وەرگرتنی دەدەن. ئەگەر کۆمیتە پەسندی نەکرد خاوەنی داواکە بۆی هەیە داواکەی بەرز کاتەوە بۆ کۆمیتەکەی سەروی ئەوەوە تا دەیگەیەنێتە کۆمیتەی بەڕێوەبردن.

٤-وەرگیرانی ئەندام بەبڕیار دەبێت کەبەخاوەنەکەی رادەگەیەندرێت و لەسجلدا دەنوسرێت.

سێیەم: مافو فەرمانەکانی ئەندام.

١-هەر ئەندامێك بۆی هەیە بەشداری لەهەموو چالاکیو یانەو کۆبونەوە گشتیو خۆپیشاندانو کۆمیتە فریاگوزارەکانی یەکێتیی ژنانی کوردستان دا بکات.

٢-هەر ئەندامێك مافی هەڵبژاردنی کۆمیتەکان و نوێنەرانی کۆنگرێسو خۆپالاوتنی بۆ هەموو کۆمیتەو دەزگاکان هەیە.

٣-بەشداری کردن لەداڕشتنو گۆڕینی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆو هەموو چالاکییەکانی یەکێتیی ژنانی کوردستان دا.

٤-بەشداری کردن لەکۆبونەوەی شانەو کۆمیتەو دەزگاکانی یەکێتیی ژنانی کوردستان.

٥-ئابونە و یارمەتیی ماڵی بەپێی توانا بە یەکێتیی ژنانی کوردستان بدات.

چوارەم: لەدەستدانی ئەندامەتی

١-هەر ئەندامێك خۆی بە داوا واز لە ئەندامەتیی یەکێتیی ژنانی کوردستان بێنێت.

٢-هەر ئەندامێك خیانەت لە یەکێتیی ژنانی کوردستان بکات، یان نهێنییەکانی بۆ دوژمن و ناحەزان ئاشکرا بکات یان لە پرۆگرام و پەیڕەو لابدات و ئامادە نەبێت خۆی چاك بکات، لە یەکێتیی ژنانی کوردستان دەردەکرێت.

٣-هەر ئەندامێك لەسەر یەك و بەبێ هۆ ئامادەی

سێ کۆبونەوە نەبوو.

پێنجەم: کۆنگرێسو ئەرکەکانی

١-بەرزترین دەسەڵات و دەزگای سەرکردایەتی و ڕێبەریو گۆڕینو گەشەپێدانە لەیەکێتیی ژنانی کوردستاندا.

*لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردن و کۆمیتە هەڵبژێردراوەکانی پارێزگاکان و ئەندامە هەڵبژێردراوەکان پێك دێت بەپێی ئەو نسبەتەی کەکۆمیتەی بەڕێوەبردن دایدەنێت.

*بەئامادەبوونی ٣/٢ ی هەڵبژێردراوەکانی کۆنگرێس دەست بەکارەکانی خۆی دەکات.

*هەر دوو ساڵ جارێك یان بە دەنگی ٣/٢ی کۆمیتەی بەڕێوەبردن دەبەسترێت.

٢-ئەرکەکانی کۆنگرێس.

ا-هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبردن و دەزگاکانی ترو بڕیاردان لەسەریان.

ب-دانان و گۆڕین و گەشەپێدانی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ.

ج-هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبردن.

د-کۆڵینەوە لەسکاڵاو ڕەخنەی ئەندام و کۆمیتەکان و چاوخشاندنەوە بە بڕیارەکانی دەرکردنی ئەندام و لێپرسراوان.

ە-هەموو بڕیارەکان بەزۆربەی دەنگ دەبێت.

کۆمیتەی بەڕێوەبردنو ئەرکەکانی

یەکەم:

ا-کۆمیتەی بەڕێوەبردن لە لایەن کۆنگرێسەوە هەڵدەبژێردرێت بۆ هەڵسوڕاندنو ئاراستەکردنی یەکێتیی ژنانی کوردستان.

ب-کۆمیتەی بەڕێوەبردن بەپێی پڕۆگرامو پەیڕەو یەکێتیی ژنانی کوردستان بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەبات.

ج-هەڵبژاردنی سکرتێری کۆمیتەی بەڕێوەبردن.

د-دانانی دەزگاو کۆمیتەی پەیوەندییەکانی نیشتمانیو دەرەوەو دەزگاکانی کۆمەڵایەتی.

ە-بڕیارەکان بەزۆربەی دەنگ دەبێت.

دووەم:

بەپێی هەلومەرجەکانی خەبات و بوون و نەبوونی ئازادییە دیموکراتییەکان، کۆمیتەی بەڕێوەبردن ئەو کۆمیتانە دەست نیشان دەکات کە لە لایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارو چالاکییەکانیان لەشارو شارۆچکەو ئۆردوگاو وڵاتانی دەوروبەردا.

-ئەو کۆمیتانەش بۆ خۆیان بەڕێوەبەری کاروباری خۆیان هەڵدەبژێرن.

-کۆمیتەی بەڕێوەبردن هەوڵ دەدا ئامۆژگاریی پێویست بدا بەئەندامانی بۆ چۆنیەتیی دانانو هەڵبژاردنی ئەو کۆمیتانەی لە هەموو شوێنێك هەن کە کچو ژنانی کوردستانی لێ بێ.

دارایی یەکێتیی ژنانی کوردستان

سەرچاوەکانی دارایی یەکێتیی ژنانی کوردستان بریتین لە:

١-ئابونەی ئەندامان.

٢-پیتاك و دەستکەوتی پڕۆژەکانی هونەریو نەخشو نیگار و بازاڕە خێرییەکان و فرۆشگاکان... هتد.

٣-ئەو یارمەتییانەی لە لایەن حزب و هێز و دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی دۆستەوە دەنێردرێن.

٤-دەرامەتی ئەو پڕۆژانەی یەکێتیی ژنانی کوردستان دایان دەنێت.

تێبینی: ئەم پڕۆژەی پڕۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆیەی لەبەر دەستتان دایە، پەسندکراوی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی ژنانی کوردستانەو تا کاتی بەستنی یەکەم کۆنفرەنس کاری پێ دەکرێ.

## پاشکۆی ژمارە ٣

### یەکێتیی ژنانی کوردستان یان یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان

**(وتار)**

**نوسینی: هێرۆ برایم ئەحمەد**

چەند ساڵێك لەمەوبەر خوشکانی کوردستانی لەئەوروپا ویستبویان یەکێتییەکی ئافرەتان بێ گوێدانە ئەوەی ئەو خوشکانە لە چ مەڵبەندو ناوچەکەیەوە هاتون، دابمەزرێنن. سەرەتا کارەکەیان زۆر سەرکەوتوانە بۆ پێشەوە دەڕۆیشت، بەڵام کە کار گەیشتە سەر ناوی ڕێکخراوەکە ناکۆکی لە نێوان خوشکانی ناوچە جیاجیاکاندا پەیدا بوو، بەتایبەتی خوشکانی کوردستانی باکور لەسەر ئەوە سور بون کەنایەنە ناو ڕێکخراوێکەوە ناوەکەی سوکایەتی بێ بۆ خۆیان. لە هەموو لایەکەوە هەوڵو تەقەللا بۆ نزیککردنەوەی بیروڕا جیاوازەکان لەمەڕ ئەو مەسەلەیە درا، بەڵام بە داخەوە بە ئاکام نەگەیشت.

خوشکێکی چالاکی خۆمان ئەم گیروگرفتەی بۆ باس کردم. لەڕاستیدا بەلای منیشەوە نۆڕینێکی سەیر بوو، چونکە باوەڕم نەدەکرد وشەی ئافرەت سوکایەتییەکی بۆ مێینەی مرۆڤ تێدا بێ. هەرچەندە من هیچ جۆرە شارەزاییەکی وام لە زمانی کوردیدا نیە، بەڵام لێتان ناشارمەوە ئەم مەسەلەیە لێم بوە خولیاو بڕیارم دا لە رەگ و ریشەی وشەکە بکۆڵمەوەو بەپێی تواناو بواری رەخساو پەرتوکانی بۆ بنوارم.

لە فەرهەنگدا بناوانی وشەی (ئافرەت) بۆ وشەی ئەورات (ئەفرەت)ی تورکی دەگەڕێتەوە، ئەم وشەیەش لە (العورە، عورات)ی عەرەبییەوە هاتووەو مانای (کل امر یستحی منه) دەگەیەنێ، واتە هەر شتێك شەرمی لێ بکرێت.

ئەم وشەیە ئەو گۆڕانانەی بەسەردا هاتووە:

عەورە- عەورات- ئەورات- ئەفرەت- ئافرەت.

(لە زمانی تورکیدا پیتی —ع- وەکو پیتی —ئ- دەگوترێ).

مامۆستای زانا عەبدولڕەحمان زەبیحی لە(قاموسی زوبانی کوردی)دا وا لەسەر وشەی ئافرەت دەدوێ (ئافرەت- «ناو». ١-جنسی مێینەی ئادەمیزاد. ژن- ئافرەتێکی چاکە «ژنێکی چاکە». ٢-هەندێك پیاو کە ناوی ژنی خۆیان نابەن، بەم وشەیە بانگی دەکەن: ئافرەت بۆ نیوەڕۆ چیمان هەیە (هاوتا- المرادف) عافرەت (هس- هەڵی سەنگێنە (قارن). (ئافزودیزیاك). ٣-عەورەت، عفریت. (عا) عەرەبی).

ئەگەر نوسینەکەی بەسەیرکردنی واتای نیشانەکانی دایناون بخوێنینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت وشەی (ئافرەت)ی هاوتای وشەی (عافرەتو عەورەت) چەند لەیەکەوە نزیکن، کە دەڵێ هەڵی سەنگێنە! ئیتر باوەڕ ناکەم هیچ دوودڵییەکی تێدا بمێنێ.

ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەم وشەیە لەسییەکاندا وەکو کۆکەرەوەی ژن، کچ هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە. لەهۆنراوەکانی نالی هۆنەری گەورەو نەمری کورددا بەهیچ شێوەیەك بەکار نەهاتوە، هەروا حاجی قادری هۆنەری گەورەو دوربینی کوردیش بەکاری نەهێناوە. بەپێی کتێبی پەندی پێشینانی کورد، کۆکراوەی (عەلی مەعروف شارەزوری) لە ناو ١٠٤ پەندا کە بە پیتی (ئـ) دەست پێ دەکات تەنانەت بۆ جارێکیش ووشەی ئافرەت بەکار نەهاتووە، بەڵام لەچوارده پەندا کە بە پیتی (ژ) دەست پێ دەکات سیانزەیان لەسەر ژنە. لە کتێبەکەی قادر فەتاحی لە ٥٨ پەندا کە بەپیتی (ئـ) دەست پێ دەکەن، دیسانەوە وشەی ئافرەت بەکار نەهاتووە.

لە پەرتووکی شاری سلێمانی بەرگی دووەم لەپەرەگرافی پەندی پێشیناندا لە ناو ٤٠٦ پەندا لە

١٣٩ وتەی جێگیر، بە چاك و بە خراپ وشەی ئافرەت بەکار نەهاتووە.

لە فەرهەنگی لەکی دا ١-بە ژنی بەتەمەنو رەنج کێشاوو بێ دەرامەت دەگوترێ. ٢-بۆ تانەش بەو پیاوانە دەگوترێ کەخۆیان لەکار کردن لادەدەن.

لەفەرهەنگی مادی سدیق سەفی زادە دا ئافرەت نازناوێکە بۆ ژنو گەورە کچ بەکار دێت. لە شێوە زمانی لوڕی و لەکیدا بۆ بێوەژنو بێ دەرامەتو بێچارە بەکار دێت.

پەرتوکی توحفە موزەفەریەی ئۆسکارمان- (بەرلین ١٩٠٥) (پێشەکیو ساخکردنەوەو هێنانەوە سەر رێنوسی کوردی- مامۆستا هێمن) کۆنترین سەرچاوەیە وشەی ئافرەتی تێدا بەدی بکرێت. تەنها لەدوو شوێندا ئەم وشەیە بەکار هێنراوە ١-لاپەڕە ١٩٦ (ژنەکەی وتی «دەبێ ئەو ئەنگوستیلەیە بدەی بە من» ئەحمەد گوتی «ئافرەت، خەساری دەکەی، بۆ تۆ نابێ».

٢-مەم و زین لاپەڕە ٢٣٠ (ئەو ئافرەت و غەریبە، لەپێشدا هەڵی بستێنن، نەك لەدواییە خەجاڵەت ببێ).

ئەگەر بەوردی سەرنجی هەردو نوسراوەکە بدەین بۆمان دەردەکەوێ کەوەك تانە وەك سیفەتێك بەکار هاتوە نەك بۆ کچو ژن بوون، لەبەر ئەوەی لە هەمان چیرۆکی مەمو زیندا لەلاپەڕە ٢٤٤دا دەڵێ (هەر محەلەی چل کچو ژنی جوانی لێ هەڵبژێرە، بێنە داوەتی بۆ بگرە). ئەگەر وشەی ئافرەت لەبریتی وشەی ژنو کچ بەکار بێت بۆچی هەمان چیرۆك بێژ لە هەمان چیرۆکدا لەجیاتی کچ و ژنو وشەی ئافرەتی بەکار نەهێناوە؟

لە چەندین شوێنی جۆراوجۆری پەرتوکەکەدا هەمان دوو وشە دوپات بونەتەوەو وشەی ئافرەت بەرچاو ناکەوێتەوە. پەرتوکی کوردو کوردستانی مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی چاپی ١٩٣١ کۆنترین سەرچاوەیە وشەی ئافرەت وەکو کۆکەرەوەی کچو ژنی تێدا بەدی بکەین.

پیرەمێردی نەمریش ساڵی ١٩٣٣ بەم شێوەیە بەکاری هێناوە: (بیستومە کەوا ئافرەتێك لەسەر پێ پیلکەی بان)، هەروا ساڵی ١٩٤٥ جارێکی دیکەش وەك ناوی پارچە هەڵبەستێك بەکاری هێناوە.

ساڵی ١٩٣٢ فایەق بێکەسی هۆنەری هاندەرو تازەخوازی گەلی کوردیشمان ئەم وشەیەی بەکار هێناوە (ئافرەتی بێوێڵ ئەزانی چۆنە).

جا خوێنەری بەڕێز: وشەیەك ئەمە رەگ و رەچەڵەکی بێو لە ناو کەلەپورماندا نەبێتو لەگوندو شوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا بەکار نەیەت و دوای ئەم هەموو ساڵە بەکارهێنانی نەچوبێتە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوەو نەیتوانیبێ جێ بە وشە رەسەنەکەمان کە ژنە لەق بکا، ئیتر چۆن دەبێ ئێستا بگەڕێینەوە سەریو بەکاری بێنین!! تائێستاش وەکو وشەیەکی تاك بەکار دێتو نەلکێنراوە بەوشەیەکی ترەوەو نەبووە بە پەیوەندی هیچ وشەیەکی دی. لەهەمو فەرهەنگەکاندا وەکو تاکە وشەیە، لە کاتێکدا وشەی ژن لەهەندێك فەرهەنگدا بە ٢٦ جۆر بەکار هاتووە.

رەنگە هەندێك کەس بڵێن تازە وشەی ئافرەت رۆیشتوەو لە زمانی کوردیدا جێی خۆی گرتووە، لە کاتێکدا ئەم رایە راستە ئەگەر وشەیەکی بیانی بێو واتای ژن بگەیەنێو خۆشمان هیچ وشەیەکی هاوتامان نەبێت، ئەوسا دەکرێ بڵێین با خاتری ئێوە بێو بەکاری دێنین!! بەڵام کە خۆمان وشەی پوختو رەسەنی کوردیمان هەبێ، ئیتر ئەم وشە ناشیرینە بۆ بەکار بێ؟ خراپیی وشەی ژن چیە؟ هەر لەبەر ئەوەی کوردییەکی رەسەنە؟

فەرهەنگی ئیریەن فاچ (کوردیی کۆنو نوێ- محەمەد ئەمین هەورامی) وا بۆ رەچەڵەکی وشەی ژن دەچێت: (جەنی: Jani ئەم وشە ئاڤیستاییە، بە واتای ژن، ژەنی، جەن) هاتووە. لەهیندیی کۆندا، بەرامبەری ئەم وشە ئاڤیستاییە، وشەی (جەنی jani)

یەو بەبلوشیش (جەن jan)ە. وەکو بەڵگەش بۆ رون کردنەوەی رەگ و رەچەڵەکی زاراوەی کوردی ئەمەی خوارەوە دەقی گوتەی زانای زمانی کوردی مامۆستا تۆفیق وەهبییە لە ژێر ناوی بنەچەکی کوردانو بنچینەی زمانی کوردیدا بڵاو بۆتەوەو ئەم چەند دێرەی لێ دەخەینە پێش چاوی خوێنەر (جا بەدڵنیاییەوە دەڵێین زمانی مادی بناغەو هەوێنی گشت ئەو زمانانەیە کە ئێمە ئەورۆ پێیان دەڵێین ئیرانییەکانی سەرەوە، پۆلی باکوری- باشوری، لەلایەکی تریشەوە زمان ناسەکان بەتێکڕایی لەسەر ئەوە سورن کەزمانی کوردی سەر وە کۆمەڵە زمانەکانی باکوری- باشورییە. زمانی ئارییایی کۆن و ئاوێستای کوردیی کۆن رێیان بۆ زمانی کوردیی نوێ تەختو خۆش کردوەو پێشرەوو پێشەنگی وین). تەها فەیزی زادە لە ئینگلیزیەوە کردویە بەکوردی.

ئێستا پێم وایە ئەم بەڵگەیە زۆر کەس رازی دەکات کە زمانی ئاوێستاییو زمانی کوردی یەك رەچەڵەکیان هەیە. واتە وشەی (ژن) وشەیەکی رەسەنی کوردییەو نە لەجندەوە هاتوەو نە لەهیچ وشەیەکی تری عەرەبییەوە.

وەکو لە (نامە مینوی ئایین زرتشت) دەردەکەوێت ئایینی زەردەشتی یەکێکە لەو ئایینانەی کە ڕێزی لەژن گرتوەو بەپێی خراپەی مرۆڤەکە چ ژن چ پیاو، بەرەفتاری خراپیان قسە گوتراوە، کەواتە ناشێ وشەی ژن هیچ واتایەکی خراپ بگەیەنێ.

لە چەندین لاوە پرسیاری ئەوە دەکرێ کە ئەگەر ناوی یەکێتییەکەمان یەکێتیی ژنانی کوردستان بێت ئەوا کچ ناگرێتەوە؟ بەرپەرچ دانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانەش هێند گران نیە. هەر بۆ نمونە بۆ کە دەڵێین فرۆشگای جلوبەرگی ژنانە، حەمامی ژنان، کانیی ژنان،... هتد ئەم جۆرە قەدەغەکردنەمان بەبیردا نایەت!

ئایا قەد بینراوە زەلامێك بەکوتەکێکەوە لەسەر ئەو شوێنانەی تایبەتن بەژنان راوەستا بێو نەهێڵێ کچان بچن؟ !لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی کوردی- فارسیی مامۆستا هەژار هاتووە (ژن: بنیادەمی مێچکە، جوتی پیاو). لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەمێینەی بەتەمەن دەگوترێ پیری ژن، جا چ ئەو مرۆڤە شوی کردبێ یان هەر کچ بێت. ئەگەر وشەی ژنیش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو مرۆڤە شوی کردوە، بۆچی دەگوترێ فلانە کەس ژنی مێرددارە؟ خۆ ئەگەر ئەمە دووپات کردنەوەیە ئەوا ئەم دووپاتکردنەوەیە هیچ کەڵکێکی نیە، بۆیە ئەم بەکارهێنانە دووپات کردنەوە نیە بەڵکو بۆ جیاکردنەوەیە.

لەزۆربەی زمانە زیندوەکانی جیهاندا وشەیەك نیە ژنو کچ بگرێتەوە، بەڵکو تەنها ناوە زانستییەکە هەیە کە واتای مێینە دەگەیەنێ (female). ئیتر کەسیش گوێی نەداوەتێو بۆ خۆی نەیکردوە بەگێچەڵ.

ئەگەر بێ پێچ و پەنا بۆ باسەکەمان بچین دەبینین هۆی سەرەکیی هێنانی وشەی ئافرەت بۆ ناو زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ لە ناوبردنی وشەی ژن لەنوسراوەکاندا هۆیەکی دەروونییە، بۆ نمونە دەگوترێت فلانە کەس ژنی فلانە کەسە.

ئەم بەکارهێنانە سنورێکی سایکۆلۆژیی لای هەندێ کەس دروست کردوە. ئەگەر ئێمە راستی بڵێینو بێینو لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە بڕوانینە باسەکەو ئەم پەیوەندییە بەپێی شەریعەتو ئاینی ئیسلام یان ئاینە ئاسمانییەکانی تر شی کەینەوە، دەبینین ژنایەتی هیچ سوکایەتی و نزمییەکی تێدا نیە. ئەمە سروشتی ژیانە. مایەی درێژەدانە بەژیان، ژنو پیاو نەبونایە ئەوا بێشك ژیان کۆتایی دەهات.

جا ئێستا بۆ دەبێ ئێمە شەرممان لەژنێتیی خۆ بێتو بۆ خۆشاردنەوە لەو سوکایەتییە بەدوی وشەی بێگانەدا بگەڕێین! ئەگەر وابێ ئیتر چۆن دەتوانین خەبات بۆ ژنان بکەینو چالاکیمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان هەبێت؟!

ژنبوون هیچ سوکایەتییەکی تێدا نیە، بەڵکو

خوو و ڕەوشتی نزمن کە سوکایەتی چ بۆ ژن چ بۆ پیاو دەهێنن. بۆیە تا نەتوانین بەسەر ئەو سنورە سایکۆلۆژییەدا زاڵ بینو ڕاستیی خۆمان نەزانینو هەست بەبونی خۆمان نەکەینو کاراکتەری تایبەتی خۆمان نەدۆزینەوە، بێگومان ناتوانین هیچ نە بۆ خۆمانو نە بۆ دەوروبەرو کۆمەڵەکەمان ئەنجام بدەین.

ئێمە نە دەمانەوێ ناوی بێگانە بۆ خۆمان بدۆزینەوەو نە دەشمانەوێ ببینە پیاوو ڕەفتاری پیاوانە ئەنجام بدەین، ئێمە دەزانین ژنانی کوردینو دەمانەوێ لە چوارچێوەی کوردەواری دا هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان بدەین.

سەرچاوە: گۆڤاری «تەوار»، ژمارە ١، ئازاری ١٩٩٠، ل ٨-١٣.

## پاشکۆی ژمارە ٤

### بەیاننامەی یەکێتیی ژنانی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی ژنانی جیهانەوە (١٩٩٠)

هەشتاو دوو ساڵ لەمەوبەر لەبەهاری ساڵی ١٩٠٨دا، ١٢٩ کرێکاری ژن لەکارگەکەیان سوتانو بەگیانی خۆیان مەشخەڵێکیان لەسەر ڕێگای سەربەستیی مرۆڤایەتی داگیرساند. گیانی ستەمو گوێ نەگرتن لەمافەکانیان ئەو کارەساتە هەژێنەرەی هێنایە دی. لە کاتێکدا ژنانی کرێکاری کارگەی چنینی نیویۆرك بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان مانیان گرت، خاوەن کارگەش لەبری ئەوەی مل بۆ داوا ڕەواکانیان بدا، دەرگای کارخانەکەی لەسەر داخستن. کاتێکیش کارگەکە ئاگری تێ بەردرا. کەس نەیتوانی ئەو پێشەنگانەی خەباتی ژنان ڕزگار بکاو هەر هەمویان لەسەر ڕێگای یەکسانیو نەهێشتنی چەوسانەوە، بونە قەرەبروت و بەوەش بونە سوتەمەنیو هەڵگیرسێنەری مۆمی جەژنی ژنانی جیهان.

یادی کارەساتە دڵتەزێنەکەیان لە ساڵی ١٩١٠دا کرایە ڕۆژی ژن، ڕۆژی هاوکاری لە نێوان گشت کرێکارانی ژنو ژنان بەگشتی لە جیهاندا، ڕۆژی خەبات، ڕۆژی تێکۆشان.

ئێمەی یەکێتیی ژنانی کوردستانیش بەبۆنەی ئەم یادە پیرۆزەوە، پیرۆزبایی لەگشت ژنانی جیهانو خۆمان دەکەین.

هیواداریـن لـەم سـەردەمـی هەڵکردنی شەماڵی دیموکراسیو سەربەستییەدا کە سەرتاسەری دنیای گرتۆتەوە، لە سەردەمی پریسترۆیکاو گلاسنۆستدا هەندێك لەو مافانەی کە بەناو بۆ ژنان سەلمێنراوو تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزن، بەرگی کارپێکردنیان پێ بپۆشنو لە نوسینەوە بکرێنە کردار. هەر بەم بۆنەیەشەوە. داوا و دەنگی خۆمان بۆ گشت کچانو ژنانی دنیا بەرز دەکەینەوەو داوای هەڵوێستیان لەسەر کوشتارو لەناوبردنی گەلی کورد لە کوردستاندا لێ دەکەین. داوایان لێ دەکەین بەهاری خەمو پەژارەی گەلی کوردمان، یادی هەڵەبجەی شەهیدمان بکەنە ڕۆژی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ڕژێمی فاشیی عیراق، داوایان لێ دەکەین سنوری بێدەنگی بشکێنن، هەوڵی ریسواکردنی سەددامو ڕژێمەکەی بدەن، ئەو ڕژێمەی بکوژی هەڵەبجەیە، خاوەنو داهێنەری ئەنفالەکانی جاهلیەتە.

بۆیە حەقمانە بپرسین ئەگەر ڕۆژی ٨ی مارت ڕۆژی هاوکاریی ژنانی جیهانە، ئەمڕۆ کێ لەجیهاندا لەژنی کورد بێ کەسترو تەنیاترە؟ زۆربەی گەلانی بن دەست و داگیرکراوی دنیا، چەند وڵاتێکیان وەك دۆست و هاوکارو هاودەنگ هەیە، بەڵام تەنیا ژنی کورد و گەلی ستەم لێکراو و داگیرکراوی کوردە، کە دەنگی بەهیچ جێیەك ناگاو لەبەردەم ئەژدیهای

داگیرکەردا تەنیایە. بۆیە پێویستمان بە هاوکاریو هاودەنگیی ژنانی دنیایە، چونکە دەنگی ژنانی جیهان. دەستی یارمەتیو خۆشەویستیی ئەوان، توێشویەکی بە هێزی ئەم ڕێگا سەختو پڕ هەورازو نشێوەمان دەبێت، مۆمی روناک کەرەوەی شەوی تاریکی دورەوڵاتمانو شەوەزەنگی دایکانو خوشکانی زیندانی فاشییەکانی بەغدا، چرای هاودەردیی کچو ژنانی ئۆردوگا زۆرەملێکان دەبێت.

دەبا جەژنی ژنانی جیهان بکەینە هاندەری زیاتری سوربونمان لەسەر بەدی هێنانی مافەکانیان. با ئەم رۆژە ببێتە رۆژی هاوکاری لە تەك ژنانی کوردا.

پیرۆز بێ رۆژی ژنانی جیهان.

یەکێتیی ژنانی کوردستان

١٩٩٠/٣/٨

## پاشکۆ ژمارە ٥

## پەیامی یەکێتیی ژنانی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ ی نۆڤەمبەرەوە

٢٥ ی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێك دەستپێکی پرۆسەیەکی گشتیی جیهانییە بۆ کارکردن و یەکخستنی هەوڵە جیهانییەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لەسەر ژنان. لە ساڵی ١٩٩٩دا کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئەو رۆژەی بۆ رۆژی جیهانیی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دیاری کردووە.

مێژوی ئەم رۆژە هەر چییەك بێت، گرنگییەکەی لە کۆدەنگیی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە بۆ نەهێشتنی دیاردەی توندوتیژی لەسەر ژنان. بە داخەوە لە ئێستادا لە سەرجەم کۆمەڵگاکاندا توندوتیژی دژی ژنان یەکێکە لە گەورەترین پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. ئەگەرچی رەنگە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بەپێی بارودۆخی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی جیاوازی هەبێت، بەڵام هیچ کۆمەڵگایەك نیە بە تەواوەتی توندوتیژیی تێدا بنەبڕ بووبێت.

لە کوردستانیش توندوتیژی بە هۆی بارودۆخی ناسەقامگیرو دەیان قەیرانەوە کە بەرۆکی ئەم وڵاتەیان گرتووە، بە شێوەیەکی ترسناك بەربڵاوە. هەروەها هەموو جۆرە توندوتیژییەکانی بەرامبەر ژنان هەیە، هەر لە کوشتن و ئەشکەنجەدان و لێدان و سوتان و دەستدرێژیی سێکسی و بەشودانی منداڵ و کۆنترۆڵ کردنی بیرو هزری ژنانەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریدا تا دەگاتە تانەو تەشەرو رەخنەگرتنی بەردەوام، کە ئاسەوارێکی روخێنەری دەرونی لەسەر ژنان بەجێ دەهێڵن، ئەمانەو سەرهەڵدانی گروپی تیرۆریستی داعش کە بە سەدان کچ و ژنی کوردی رفاندو وەك دیلی جەنگ سەوداو مامەڵەی پێ کردن، کە تا ئێستاش چارەنوسی ژمارەیەکی زۆریان نادیارە. هەروەها جێبەجێ نەکردنی یاسا هەموارکراوەکان رێخۆشکەرن بۆ زیادکردنی توندوتیژی. ژمارەیەکی زۆری ژنان بونەتە قوربانیی داب و نەریتی خێڵەکی لەپێناوی پاراستنی شەرەف و ناموسی بنەماڵەداو لە لایەن کەسانی خێزانەکانیانەوە دەکوژرێن، تەنانەت لەسەر خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەبنە قوربانی. ژن لە شوێنی کاردا ئارام نیەو روبەڕوی نا بەرامبەری و توندوتیژی دەبێتەوە، ئەمانەو چەندین جۆری تر.

ئێمە وەك یەکێتیی ژنانی کوردستان بە توندی ئیدانەی هەموو جۆرە زەبروزەنگێك لە دژی ژنان بەتایبەتی و تاکەکانی کۆمەڵ بەگشتی دەکەین. بۆیە لە ٢٥ ی نۆڤەمبەردا داواکارین:

١-فشار لەسەر دادگاکان دروست بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی یاسا هەموارکراوەکان.

٢-بکوژانی ژنان بدرێنە دادگاو هیچ لێبوردنێك نەیانگرێتەوە.

٣-کاری داواکاری گشتی زیاتر کارا بکرێت بۆ بەدواداچون بۆ ئەو کەسانەی سکالآیان نیە.

٤-پلانی نیشتمانی بۆ زەمەنێکی دیاریکراو دابڕێژرێت بۆ نەهێشتنی کوشتنی ژنان.

٥-پابەندبون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی.

٦-هەڵمەتی هۆشیاری دژی توندوتیژی زیاتر بکرێت لە ناو هاووڵاتییاندا.

یەکێتیی ژنانی کوردستان

٢٠١٨/١١/٢٥

سەرچاوە: رۆژنامەی «ژیانەوە»، ژمارە ٧٨٧ (٢٠١٨/١١/٢٥).

## یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان




ڕێکخراوێکە زادەی یەکگرتنی هێڵی گشتی و ئەو باڵەی بزووتنەوەی سۆسیالیستە کە پاش جیابوونەوەی باڵی رەسول مامەند، لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مابۆوە. سەرەتای دروستبوونی بۆ کۆبوونەوەی رۆژی ٢٦ی ئابی ١٩٨٢ی نوێنەرانی هێڵی گشتی و بزووتنەوەی سۆشیالیست دەگەڕێتەوە کە تێیدا هەردوولا بڕیاری یەکگرتنەوەو دروست کردنی ڕێکخراوێکی نوێیان دا.

لە ١٠ی ئەیلولی ١٩٨٢دا هەردوولا دوا کۆبوونەوەی هاوبەشیان بەست و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ناوی ڕێکخراوە تازەکە « یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان» بێ. ئەم ناوە لەسەر داوای سەرکردایەتیی دەرەوە بوو کە لە دکتۆر فوئاد مەعسوم و دکتۆر کەمال فوئاد و عومەر شێخموس پێکهاتبوو. لە ١١ی ئەیلولدا دامەزراندنی ڕێکخراوە نوێکە راگەیەنرا. ئەم ڕێکخراوە زۆرتر بەهەوڵ و تەقەللای جەلال تاڵەبانی لە ناوەوەو عومەر مستەفا لە دەرەوە دامەزرا.

سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕان تا بەستنی کۆنفرەنسی یەکەم لەمانە پێك هات: جەلال تاڵەبانی، جەمال حەکیم ئاغا، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عومەر شێخموس، دکتۆر کەمال فوئاد، عومەر مستەفا، خدر مەعسوم، عومەر عەزیز قادر، سەید مەجید حسێن مورسل زەمان، نازم عومەر دەباغ و عەلی حەوێز. یەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە ٣ی تشرینی یەکەم بەسترا و لێپرسراوەتییەکانی تێدا بەسەر ئەندامانی سەرکردایەتیدا دابەش کرا.

لە ٢٣ی ئابی ١٩٨٣ یەکەم کۆنفرەنسی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەگوندی خەتێ لە ناوچەی خۆشناوەتی بەسترا و سەرکردایەتییەکی تازەی تێدا هەڵبژێردرا کە لەمانە پێکهاتبوو: جەلال تاڵەبانی (سکرتێر)، دکتۆر فوئاد مەعسوم، پێشەوا تاڵەبانی، خدر مەعسوم،

عەلی حەوێز، دکتۆر عومەر شێخموس، شەوکەت حاجی موشیر، عومەر عەزیز قادر و حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی. ئەندامانی یەدەگی سەرکردایەتی ئەمانە بوون: عەبدوڵڵا عومەرو رەئوف عوسمان.

بوونی تاڵەبانی بە سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە لایەن کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە پەسند نەکرا و وا سەیری مەسەلەکە کرا کە سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نابێ سکرتێری هیچ یەکێ لە دوو رێکخراوە پێکهێنەرەکەی یەکێتی بێ. لەم رووەوە چەند پێشنیارێك خرانە روو. لەم سەروبەندەدا تاڵەبانی پێی باش بوو بۆ راگرتنی هاوسەنگیی نێوان دوو رێکخراوەکەی یەکێتی، واز لە پۆستی سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان بێنێ. دەرچوونی تاڵەبانی لە یەکێتیی شۆڕشگێڕان دەرفەتی بەهێزبوون و گەشەکردنی ئەم رێکخراوەی کەم کردەوە.

لە کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کە لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤ لەمێرگەپان لە بناری چیای پیرەمەگرون بەسترا، دکتۆر فوئاد مەعسوم بە سکرتێر هەڵبژێردرا و هەر یەك لە نازم عومەر دەباغ، پێشەوا تاڵەبانی، دکتۆر عومەر شێخموس، سەربەست بامەڕنی، عومەر عەبدوڵڵا، خدر مەعسوم و عومەر عەزیز قادر بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و هەر یەك لە عەلی محەمەد ساڵح تاڵەبانی و عەبدولکەریم حاجی و محەمەد مەحمود سەرگەڵوویی بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردران.

لە ساڵی ١٩٨٥دا لەو سۆنگەیەوە کە پێنج ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، واتە هەر یەک لە خدر مەعسوم، پێشەوا تاڵەبانی، سەربەست بامەڕنی و عومەر عەزیز قادر لە دەرەوەی وڵات بوون و دکتۆر عومەر شێخموسیش دەستی لەکار کێشابۆوە، بڕیار درا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، پلینۆم ببەسترێ. لەم سەروبەندەدا پلینۆمێك لە ماوەی نێوان ١ — ١٤ی ئەیلولی ١٩٨٥ لەگوندی هەڵەدن لە دۆڵی جافەتی بەسترا، تێیدا سێ ئەندامە یەدەگەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی و هەر یەك لە شەوکەت حاجی موشیر، عەبدوڵڵا عومەرو دارا شێخ جەلال حەفید وەك ئەندامی تازەی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردران.

لە قۆناغی پاش ئەنفالەکان و کاولبوونی کوردستان و پاشەکشەی خەباتی چەکدارو دوا بەدوای وەستانی شەڕی عیراق- ئێران و هەروەها لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە نێو دەوڵەتییەکانی ئەو سەردەمە، مەسەلەی بیرکردنەوە لە هێنانە دیی رێوشوێن و میکانیزم و شێوەی گونجاوتر بۆ بەردەوامبوون لەسەر خەبات و پاراستنی تۆکمەیی یەکێتیی نیشتمانی هاتە ئاراوە. لەو هەلومەرجەدا بیرۆکەی یەکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵەی رەنجدەران وردە وردە گەڵاڵە بوو. پێش راگەیاندنی پرۆژەکە، گفتوگۆی تێروتەسەل لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە نێوان نوێنەرانی هەردولا دەربارەی ئەم مەسەلەیە کرا و بە شێوەیەکی سەرەتایی هەردوولا پێی رازی بوون و دواتر لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٩ راگەیەنرا.

لە ٣ی حوزەیراندا یەکێتیی شۆڕشگێڕان کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگوندی ناوزەنگ لەسەر سنوری عیراق- ئێران بەست. لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری کۆمەڵە، فەرەیدون عەبدولقادر، لەو وتارەی کە بە ناوی کۆمەڵەوە خوێندییەوە، پێشنیاری کرد ئاستی پەیوەندیی نێوان یەکێتیی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵەی رەنجدەران لە ئاستی هاوپەیمانییەوە بگەیەنرێتە ئاستی یەکبوون. دواتر، کۆبوونەوەکە لەڕەوتی گفتوگۆکانی خۆیدا رەزامەندیی لەسەر

پێشنیارەکە نیشان دا. لە ٥ی حوزەیراندا کە دوایین ڕۆژی کۆبوونەوەکە بوو، سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرا کە زۆرتر وەك سەرکردایەتییەکی ڕاگوزەر وابوو تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی لەبار بۆ یەکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵەی ڕەنجدەران دەرەخسێ. دکتۆر فوئاد مەعسوم بە سکرتێر هەڵبژێردرایەوەو ئەندامەکانی تر ئەمانە بوون: دکتۆر کەمال فوئاد، نازم عومەر، عەبدوڵڵا عومەر، عەلی محەمەد ساڵح تاڵەبانی، چەتۆ حەویزی و شەوکەت حاجی موشیر. دوو ئەندامیش، واتە عەبدولکەریم حاجی و عومەر عزیز قادر، بە ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردران.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە لە ١٩٩٢دا بەسترا، یەکێتیی شۆڕشگێڕان هەڵوەشانەوەی خۆی ڕاگەیاند.

گرنگترین دیکۆمێنتەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕان خۆیان لە پێنج دیکۆمێنتدا دەبینن کە بریتین لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ، گۆڤاری «کوردایەتی» (١٩٨٣- ١٩٨٤)، ڕۆژنامەی «کۆسار» (١٩٨٣)، بڵاوکراوەی ناوخۆیی «ڕۆشنبیری» (١٩٨٤- ١٩٨٥) و ڕۆژنامەی «ڕزگاری» (١٩٨٥- ١٩٨٨).

یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە بیروباوەڕو بۆچوونەکانیدا زۆرتر ڕێکخراوێکی چاکسازیخوازی نەریتپارێزو میانڕەو بوو، زۆرتر پشتیوانیی لە تیۆریی هاوکاریی چینایەتی دەکرد و ستراکچەری فکریی، بەتایبەتی لە قۆناغی کۆتاییدا زۆر لە بیروباوەڕی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالیستەوە نزیک بوو. ئەم ڕێکخراوە لە پرۆگرامەکەیدا وای دانابوو کە دەبێ خەبات بۆ «ڕیشەکێشکردنی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا: چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، پیاو بۆ ئافرەت، چەوساندنەوەی چینایەتی» بکرێ.

## پاشکۆی ژمارە ١

## بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

لەو سەردەمەدا کە سەردەمی هەرەس هێنانی ئیمپریالیزم و تێکشکانی قەڵای سەرمایەداریی جیهانیو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان و چینە زەحمەتکێشەکانە، جولانەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەشمان بەخەباتی نەفەس درێژو نەپساوەی پشت بەستوو بەخۆو بەرێبازی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری سات لەدوای سات شانبەشانی خەباتی گەلانی ژێردەستەو چینی زەحمەتکێشانی جیهان بەرەو پێش دەچێتو لەگەشەکردندایە. ڕۆژێك تێناپەڕێت کە نیشاندەرێکی دیارو ڕۆشنی سەر ڕێگەی وەرچەرخانو گۆڕان نەیەتە گۆڕێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان تینو تەوژمی تازە پەیدا نەکاتو ئاسۆیەکی بەرینو فراوانی لەبەردەمدا نەکرێتەوە لەهەلومەرجێکدا کەڕژێم کەوتۆتە تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵو گشتییەوە لە هەموو بوارەکانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیدا، هەموو ئەوانەی لە ژێر زەبری فشارو فریودان بەپارەو پول و بە ڕێگای دیماگۆگییانەی جۆراوجۆرەوە گیرۆدەی ببون لێی دەتەکنەوەو ڕاستیی تەبیعەتی بورژوای بیروکراتی شۆڤێنیستی سەر تەختیان بۆ ڕون دەبێتەوە ـ کە هەموو ئەو دیاردانەی لەو مەودایەی دوایی بەدەردەکەون، گەندەڵیو ڕۆچونی ڕژێم بەدەردەخەن، زەبری توندی یەك لە دوای یەکی هێزی بەرهەڵستیکار (ئۆپۆزیسیۆن) و هێرشی دەرەکی، زیاتر قوڵی دەکاتەوەو بوونی دەخاتە مەترسییەوەو چاوەڕێی دوا زەبری شۆڕشگێڕانە دەکات کە بیخاتە زبڵخانەی مێژووەوەو سەرەمەرگی ئەبەدییەوە، لە بەرامبەردا جەماوەری خەڵکی کوردستان ڕاپەڕیون

و هۆشیار بونەتەوەو کەوتونەتە دۆخێکی هەڵچووی شۆڕشگێڕانەوەو هەموو ئاکارە جێماوەکانی پاش هەرەس هێنان بنبڕ دەبێتو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان خوێنێکی تازەی تێ دەزێتەوە. خەڵکی کوردستان بەوپەڕی لەخۆبوردوییو هۆشیارییەوە دێن بەپیری بانگەوازی تاقمو ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانەوە دوا بەدوای ئەوەی راستیی بۆچون و بیروباوەڕەکانیان کە چەندین ساڵە وەك ئەستێرەی گەش لە ئاسمانی کوردەواری دەدرەوشێنەوە لە مەودای واقیع و ئەزمونی رۆژانەدا، بۆ ساغ بونەوە.

لەگەڵ ئەو ناکۆکییە توندەدا لە نێوان هێزەکاندا، ئەمرۆ بارتەقای هێزەکان بەتەواوی گۆڕاوەو ناکۆکییە خامۆشەکان کڵپەیان سەندووەو خەباتی شارو لادێ، نهێنیو ئاشکرا، سیاسیو عەسکەری، جەماوەریو پێشڕەوی ڕێکخراوە سیاسیو نەقابە پیشەییو جەماوەرییەکان زیاتر پێکەوە گرێ دەدرێو پتەوتر دەبێت. لە هەمان کاتیشدا ڕێکخراوو تاقمە شۆڕشگێڕەکان بە خۆیاندا دەچنەوەو ریزەکانیان پتەوتر دەکەنو روەو یەکگرتنەوەو یەکێتیی ڕێکخستن و تێکۆشان هەنگاو هەڵدەگرن بە هەست کردن بە لێپرسراوەتیی مێژوو. لەسەردەمێکدا کە هەموو ڕێکخراوو پارتە سیاسییەکان دوچاری لێکترازان و جیابونەوە دەبنەوە، دوو باڵی ناو بزوتنەوەی رزگاریی گەلەکەمانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ژێر ناوی «یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان» راگەیەنرا.

**هاوولاتییانی خۆشەویست**

**هەڤاڵانی تێکۆشەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

بە شادیو سەربەرزییەوە مژدەی دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانتان دەدەینێ کە لە یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانو خەتی گشتی پێك هات کە دوو باڵی تێکۆشەرو گرنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بونو پێکەوەو لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی تێکۆشەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان پێك هێناوە. بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانو خەتی گشتی، دوای حەوت ساڵ لە خەباتی دلێرانەو پڕ فیداکاریو سەروەری، لەڕیزی شۆڕشو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، دوای هەوڵو کۆششێکی بێ وچانو بێ لادانو بێ کۆڵدان، بۆ هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵك و سازدان و جۆشدانی شۆڕشە پیرۆزەکەمانو گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوای حەوت ساڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەخشاوو رەنگێنراو بەخوێنی دەیان قارەمانی وەك کاکە عەلی عەسکەریو شێخ حسێن بابە شێخ و دکتۆر خالید سەعید و سەعدی عزیز و محەمەد غەفور ئاغجەلەری و مامۆستا غەفور و رەوف بەگو سەدان پێشمەرگەی قارەمانی نەمر.

بەڵێ. دوای حەوت ساڵ خەباتی هۆشیارانە لەپێناوی بوژاندنەوەو جۆشدانەوەی کوردایەتیو ڕێکخستنەوەو پتەو کردنی ریزی تێکۆشەرەکانی ڕێگەی رزگاریو دیموکراسی، توانییان هەنگاوێکی مێژویی تریش هەڵبێنن، هەنگاوی یەکگرتنیان لەیەك تاکە باڵدا لە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا کە بێگومان دەورێکی گرنگی دەبێت لە پتر پەرەپێدانو چاکتر گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو زۆرتر چەسپاندنی گیانی یەکێتیو جۆشدانی تەباییو برایەتیو هاوخەباتی لەڕیزەکانیدا کەخۆی لەخۆیدا مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنو پێشەوە چونی شۆڕشەکەمانە.

بایەخی ئەم یەکگرتنەمان لەم کاتەدا باشترو چاکتر بۆ دەردەکەوێت کەکۆمەلانی خەڵکی کوردستان

پڕ بەدڵ ئاواتەخوازی یەکێتیی ریزەکانی جوڵانەوەی رزگاریو دیموکراسیی خەڵکی کوردستانو بەگەرمی پێشوازی لە هەموو یەکگرتنێکی شۆڕشگێڕان دەکەن، بەتایبەتی ئەگەر ئەم راستییەش بێنینەوە یاد کە ئەو یەکێتییەی دوو باڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەردەمێکدا پێك دێت کە لە چەندین رێکخراو و حزبی تری کوردستاندا دوبەرەکیو لێکترازان و جیابونەوە رویانداوە، بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو خۆیدا ریزەکانی پتر دەچەسپێتو چاکتر پتەو دەبێتو لە کۆڕی خەباتدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مایەی شانازیو سەروەرییەکی مێژووییە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەروەك نیشانەیەکی تری رەسەنیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو دڵسۆزیی تێکۆشەرەکانیو هەستکردن بە مەسئولیەتی نیشتمانیو شۆڕشگێڕانەی خۆیانەو ئەم راستییەشمان بۆ دوپات دەکاتەوە کە پەیدابونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازی نیمچە بەرەیی بۆ جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیو دیموکراتی خەڵکی کوردستان نەك هەر پێویستییەکی مێژویی بووە، بەڵکو بەپیرەوە چونێکی داخوازیی خەڵکیش بووە، بۆ هەڵگیرساندنەوەو جۆشدانەوەی خەباتی کوردایەتیو شۆڕشە پێشکەوتنخوازەکانی.

ئەم یەکگرتنەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و خەتی گشتی، دیسان بۆمان دەردەخاتەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕەوتی ئاسایی خۆی گەشە دەکاتو پێش دەکەوێتو تا دێت نەك هەر لە ڕوی ژمارەو چەندایەتییەوە پەرە دەسێنێتو قوڵتر رەگو ریشەی خۆی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکداو بە هەموو لایەکی نیشتمانی داگیرکراوماندا دادەکوتێت، بەڵکو لەڕوی خەمڵینو چۆنایەتییەوە بەرەو پێش سەر دەکەوێت بەسەر لوتکەی سەروەریدا. ئەم یەکگرتنەی ئەم دوو باڵەشی لە باڵێکی پتەوی بەهێزدا بەڵگەیەکی تری راستو رەوایی بۆچونەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو هەڵوێستەکانێتی کە هەر لەبوژاندنەوەو جۆشدانەوەی کوردایەتییەوە بیگرە تا سەر هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکداری جەماهیریو هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراقو کوردستانو پێکەوە گرێدانو جۆشدانی خەباتی شارو لادێو خەباتی پێشمەرگانەو راپەڕینی شارەکانەوە یەك لە دوای یەك وەك زنجیرەیەکی هۆنراوەی رێبازی راستو شۆڕشگێڕانەی یەکێتییەکەمانن.

یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و خەتی گشتی لە تاکە باڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لەسەر بناغەی هەڵوێست و بۆچونەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پرۆگرامەکەیەتی، بەنیازی پتەوکردنی هاوخەباتیو برایەتی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی تێکۆشەردا کە ئێستا هەردوکیان پێکەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێك دەهێنن و بەوپەڕی لەخۆبوردنو هەست بەمەسئولیەتی نیشتمانیو شۆڕشگێڕانەو پەرۆشی بۆ سەرخستنی شۆڕشو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەست لە ناو دەستی یەکتری، چاکتر گەشە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدەنو زوتر ئاگری شۆڕشەکەمان خۆش دەکەن چونکە ئەو یەکگرتنەی ئەو دوو باڵە دەبێ ببێتە هۆیەکی گەورەی پەرەپێدان و بەهێزکردنی هاوخەباتیو هاوڕێیەتیی شۆڕشگێڕانە، لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، واتە هی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش. بۆیە هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەم یەکگرتنە دەبێتە مایەی شادیو سەربەرزیی هەموو دڵسۆزانی کوردو هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق چونکە گەشەکردنو پێشکەوتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پتر بەهێزو بەتوانابونی هێزی پێشمەرگەی

کـوردسـتـان وەك هـەمـیـشـە مـایـەی هـەڵسـانـەوەو پێشکەوتنی جوڵانەوەی رزگاریو دیموکراتی خەڵکی هەموو کوردستانی عیراقە، بەتایبەتی کەتاقیکردنەوەو رووداوەکان ئیسباتیان کردووە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێزێکی سەرەکیو گرنگی هەردوکیان بـووەو هـەر واش دەبـێـت. هـەر بـۆیـەش بـەوپـەڕی دڵنیاییو سەربەرزییەوە باوەڕمان وایە کەگیانی پاکی شەهیدەکانیشمان شادو سەروەر لە بەهەشتی نەمریدا پیرۆزبایی لەم یەکگرتنە دەکەن چونکە بەدی هێنانی ئاواتێکی دێرینی کاکە عەلی عەسکەری و شێخ حسێن بابە شێخ و دکتور خالید سەعید و سەعدی عەزیز و دەیان شەهیدی سـەروەری یەکێتییەکەمان بوو. دە با گیانی پاکی ئەو هەڤاڵە نەمرانەمان شادو سـەروەر لەگەڵ گیانی پاکی قارەمانەکانی تری گەل و یەکێتییەکەمان خاڵە شەهاب شێخ نوری و شاسوار جەلال (ئارام) و مامۆستا عەزیز مەحمود عەلی و کاکە برایم عەزۆو دەیان شەهیدی نەمری تر دڵنیا بن کە ئەو یەکێتییەو شۆڕشەی گیانی پاکیان لەپێناویاندا بەخت کردووە، لەگەشەکردنو پێشکەوتن دان بەرەو سەرکەوتن. دە با دڵنیا بن کە ئەو ئاگرە سورەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریو شۆڕشی دیموکراتی کە بە خوێنی گەشیان بڵێسەکەیان بڵندو خۆشتر کردووەو هەر وا لەبەرزبونەوەیە بۆ راماڵینی شەوەزەنگی داگیرکردن و دیکتاتۆریەت لە ئاسمانی کوردستاندا.

بـەم بـۆنـەیـەشـەوە بەڵێن دوپـات دەکـەیـنـەوە بۆ گیانی پاکی شەهیدان و کۆمەڵانی خەڵکی هەموو کوردستان کە تا سەرکەوتن درێژە بدەین بەو خەباتە سورەی رزگاریی دیموکراتی تا بەدی هێنانی هەموو ئەو ئامانجە پیرۆزانەی شەهیدان گیانی پاکیان و رۆڵەکانی جەماوەر توانای خۆیان پێی بەخت کردونو تا بـەدی هێنانی هـەمـوو ئامانجەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو گەلەکەمان.

## هەڤاڵانی تێکۆشەر

ئەم سەرکەوتنە مەزنەشمان نابێت مەست و سستمان بکات، نابێت لەسەر چەپکە گوڵی ئەو سەرکەوتنە خەو بمانباتەوە، بەپێچەوانەوە لەمەودوا ئەرکەکانی سەر شانو فەرمانەکانمان زۆرترو گرنگترو پیرۆزتر بونەو پێویستیان پتر بە پەرۆشیو زۆرتر بە چالاکیو فیداکاریو لەخۆبوردن و هـەوڵو تێکۆشان هەیە، بۆیە لەسەر هەموو هەڤاڵانی تێکۆشەرمان پێویستە کە بێ وچانو چالاکانە بەگیانی شۆڕشگێڕانەی یەکێتییەوە درێژە بە خەباتی هۆشیارانەو ژیرانەی خۆیان بدەن و بۆ گەشەپێدانو پەرەپێدانی تێکۆشانیان لەگەڵ هەڤاڵانی خەباتگێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان تا پێکەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەو سەرکەوتن بەرن لەخەباتی پیرۆزدا بۆ هێنانە دیی بەرنامە دیموکراتییە شۆڕشگێڕانەکەی خۆیو لە پێش هەمویدا رزگـار کردنی کوردستانو عیراق لەحوکمی رەفـتـار فاشیی بـەغـداو هێنانە کایەی حوکمێکی دیموکراتو ئیئتیلافی کەسەربەخۆیی بۆ عیراقو دیموکراسی بۆ گەل و مافی چارەنوس بۆ گەلی کـورد دابـیـن بـکـات. پێویستە درێـژە بە خەباتەکەمان بدەین و پەرەی پێ بدەین، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە جوڵانەوەی رزگاریو دیموکراتیی گەلەکەمان روو لە هەڵچونو پەرەسەندنو گەشەکردنە، کە ناکۆکیی نێوان هەندێك لەداگیرکەرانی کوردستان تەقیوەتەوەو بەربونەتە گیانی یەکتر. بەمەش هەلێکی لـەبـار رەخـسـاوە بـۆ سـەرکـەوتـنـی کـوردایـەتـی تاکو زۆربـەی تێکۆشەرانی ئەم جوڵانەوەیە رێك بخەین هەم لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو هەم لە ناو کۆمەڵو نەقابەو رێکخراوە دیموکراتییەکاندا. پێویستە زۆربەی خەباتگێڕە دڵسۆزەکانی کوردپەروەرو دیـمـوکـراتو شـۆڕشـگـێـڕو سـۆشـیـالـیـسـتـەکـان لە

چوارچێوەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ژێر ئاڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ڕێك بخەین، بیکەینە ڕێکخستنێکی فراوانو جەماهیریی شۆڕشگێڕ تا شان بە شانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی تێکۆشەر بە هەموو توانایەکمانەوە هاریکاریی گەشەکردنو پەرەسەندنی ڕێکخستنەکەی بدەین بۆ ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕێبەری شۆڕش و کوردایەتی بهێڵینەوەو بەرەو سەرکەوتنی تەواوی بەرین. لە هەمان کاتدا دەبێ خەبات بکەین بۆ پەرەپێدانو گەشەپێدانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانو یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانو یەکێتیی نوسەرانی کوردستانو یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانو بۆ پێکهێنانی کۆمەڵی جوتیاران و نەقابەی کرێکارانی کوردستان تا هەموو توێژو چینە شۆڕشگێڕەکان، بەتایبەتی چینی کرێکاران، دەخەملێنو ڕێك دەخرێنو دەخرێنە گەڕ لە خەباتی پیرۆزدا.

ئەمەیە ئەرکی پیرۆزو گرنگی هەڤاڵانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ژێر ئاڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بۆ سەرخستنی کوردایەتیو شۆڕش و یەکێتییەکەمان. دە با هەموومان لەئاستی ئەو ئەرکە گرنگەو بەرپرسیاریی شۆڕشگێڕانەو نیشتمانیی خۆمان بینو هەموو توانای بیرو بازوی خۆمان بۆ بەدی هێنانی تەرخان بکەین. دە با یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بکەینە ڕێکخراوێکی جەماهیریی فرە بیروباوەڕی ئایدیۆلۆجیی پێشکەوتنخوازی هەموو کوردپەروەران و دیموکراتو شۆڕشگێڕو سۆشیالیستەکانی کوردستان کە باوەڕیان بەپرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێبازە شۆڕشگێڕانەکەی هەیەو دڵسۆزی شۆڕش و کوردایەتیی پێشکەوتنخوازن.

بژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێبەری جوڵانەوەی ڕزگاریو دیموکراتیی خەڵکی کوردستانی عیراق.

هەر سەرکەوتوو بێت هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان.

بژی یەکێتیی ڕیزەکانی خەباتگێڕانی گەلەکەمان.

یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

ئەیلولی ١٩٨٢

## پاشکۆی ژمارە ٢

## پەیامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

بە ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خەبات و تێکۆشان ئاراستەی یەکێتییەکەتان، یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، دەکەین کە لە ئەنجامی یەکگرتن و یەکخستنی هەردوو ڕێکخستنەکەتان (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی) پێك هاتووە.

مایەی شانازیی هەموو لایەکیشمانە کە دروست بونی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان وەك لایەنێکی ئەساسیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەنگاوێکی تری بەرەو پێشەوە چوونە بۆ زیاتر گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەك و زیاتر پتەوکردنی هاوخەباتی و هاوکاریی نێوان کۆمەڵەمان و یەکێتییە نەبەزەکەتان و دانی تەوژمێکی بەتین بە یەکێتییەکەتان لە ڕوی چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و کاری شۆڕشگێڕانەمان لە ناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە لایەکی ترەوە.

بۆیە ئێمە وەك کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

بەڵێنی هاوخەباتی و تێکۆشانی هاوبەشی نێوانمان دووپات دەکەینەوەو ئاواتەخوازی گەشەکردنی زیاترتانین بۆ ئەوەی هەردولا پێکەوە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خەباتی بێ وچان بکەین و هەوڵی بێ پایان بدەین لەپێناوی بەدی هێنانی مافە رەواکانی گەل و شۆڕش دا.

ئیتر بۆ پێشەوە رووەو سەرکەوتن.

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

## یەکێتیی فەقێیانی کوردستان

رێکخراوێکی پیشەییە، لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ لە هەولێر لە لایەن نەجم ئەحمەد حسێنەوە دامەزراوە. بیرۆکەی دروست کردنی رێکخراوەکە بۆ ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە، کاتێك نەجم ئەحمەد حسێن کەوتە تاوتوێ کردنی پێداویستییەکانی دروست کردنی رێکخراوەکە بە شێوەیەکی نهێنی بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە و هاندانی هاووڵاتییان بۆ کوردایەتی و سەقامگیرکردنی گیانی بەرگری و خۆڕاگری بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس.

نەجم ئەحمەد حسێن، ناسراو بە مەلا نەجم، پێی وابوو فەقێ و مەلاکان توێژێکن سەنگی خۆیان لە کۆمەڵگادا هەیەو پێویستە رۆڵێکی کاراتر لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا بگێڕن.

پاش تاوتوێ کردنی پرۆژەکەو را وەرگرتنی فەقێکان لە حوجرەکان، یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندن لە مزگەوتی حاجی موراد لە گەڕەکی سێتاقان لە هەولێر ساز کرا و پاشان کۆبوونەوەکە لەبەر هەندێ هۆی ئەمنی بۆ گوندی بەحرکە گواسترایەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی حوجرەکان بەشدارییان تێدا کرد، بڕیاری دروست کردنی رێکخراوەکە درا و دەستەیەك لە پێنج کەس وەك دەستەی سەرپەرشتیاری رێکخراوەکە دەستنیشان کرا، یەکێکیان مەلا نەجم بوو.

ئامانجە سەرەکییەکانی رێکخراوەکە بریتی بوون لەهەوڵدان بۆ پەرەپێدانی خوێندنی حوجرەو بەخشینی بڕوانامەی باوەڕپێکراو بۆ دەرچووانی، هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی فەقێیاتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی.

هەر ئەو ساڵە مەلا نەجم پەیوەندیی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردو ئەمەش زۆرتر هانی دا بکەوێتە گەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە لە ناو رێکخراوەکەداو رێکخستنی بەشێکی ئەندامەکانی لەکۆمیتەی راپەڕین و پەیداکردنی دۆست و لایەنگر بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

رێکخراوەکە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨١ دەستبەکار بوو، پاشان وردە وردە بە هۆی جیاوازیی بیروباوەڕەوە بەرەو هەڵوەشانەوە چوو.

## یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان

رێکخراوێکی پیشەییە ساڵی ١٩٨٩ لەگوندی نۆکان دامەزراوە. دوو فاکتەری سەرەکی لە پشت دامەزراندنی ئەم رێکخراوەن. یەکێکیان فاکتەرێکی ناوخۆییەو پەیوەندیی بە هەلومەرجی قۆناغی پاش شاڵاوی ئەنفالەکانەوە هەیە کە تێیدا ئەزموونی خەباتی چەکدار شکستی خواردبوو، تاکەکانی دەستەبژێری سیاسەتمەداران و رۆشنبیر بیریان لە شێوازی دیکەی هەڵسوڕانی سیاسی

دەکردەوەو دەیانویست بەشێوازی تر درێژە بە خەباتی نیشتمانی بدەن. فاکتەرەکەی تر فاکتەرێکی دەرەکییە، زۆرتر پەیوەندیی بە ئەزموونی پریسترۆیکاوە هەیە کە سەرۆك میخائیل گۆرباچۆڤ لە یەکێتیی سۆڤێت دەستی پێکردبوو، بەهۆی ئەم ئەزموونەوە باس کردنی بابەتی مافی مرۆڤ لەجیهان تین و تاوی پەیدا کردبوو.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ یاساناسان قادر حەمە جان، برایم حسێن، حەمید بڵباس، محەمەد قەرەداغی، سەردار عەبدولکەریم، فەرهاد رەسول، فاروق جەمیل و غازی سالار بۆ تاوتوێ کردنی ئەم مەسەلەیەو هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی، یەکەم کۆبوونەوەیان لە خڕی ناوزەنگ ئەنجام داو بڕیاریان دا بکەونە گەڕ بۆ دروست کردنی سەندیکایەکی نیشتمانی بۆ مافپەروەرانی کوردستان.

لەم رووەوە ئەندامانی ئەم لیژنەیە سەردانی بارەگاکانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕاژان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە قڕناقا و پشتئاشان و حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان کردو باسی پرۆژەکەیان بۆ کردن و رەزامەندیی بەشداربوونیان لێ وەرگرتن. لەم بوارەدا لیژنەیەك بۆ پەیوەندی کردن بەمافناسەکانەوە پێك هات و پاشان کۆبوونەوەیەك رێك خراو تێیدا لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە دیاری کرا و بڕیاریش درا یەکێ لە ئەرکەکانی لیژنەکە ئامادەکردنی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی رێکخراوەکە بێ و ئەم ئەرکە بە حەمید بڵباس سپێردرا.

لە ڕۆژانی ٣ و ٤ی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٩ کۆنگرە لەگوندی زەڵێ بە ئامادەبوونی ٢٤ مافناس بەسترا، لەوانە ١٧ مافناس سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بون، ٥ مافناس سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و ٢ مافناس سەر بەپارتی کۆمۆنیستی عیراق بوون.

لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەدا شاندێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی، نوێنەری بەرەی کوردستانی جەبار فەرمان، سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان رەسوڵ مامەند و سکرتێری پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆك) کەریم سەلام ئامادە بوون.

ئەندامانی کۆنگرە کە بە ئەندامی دامەزرێنەر دادەنرێن ئەمانەن: فاروق جەمیل سادق، حەمید بڵباس، محەمەد قەرەداغی، قادر حەمە جان، سەردار عەبدولکەریم، عومەر عەزیز، عومەر ئەحمەد، یوسف حەسەن حەویز خۆشناو، فەرهاد رەسوڵ، تەها مامە رەزا، برایم حسێن، جەمال حوسامەددین نەقشبەندی، شاکر ئەحمەد ئامێدی، تیلی بێسفکی، جەواد نەورۆز، غازی سالار عەبدولڕەحمان، برایم محەمەد، کەریم سنجاری، تۆفیق کەریم، فەرزەند زێباری، بەدرخان ئەحمەد، ئەسعەد سلێمان، کاوە مەحمود (هادی) و تەحسین ئەحمەد.

دواتر، بە دەنگدانی نهێنی حەوت ئەندام بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیی رێکخراوەکە هەڵبژێردران کە ئەمەش ناوەکانیانە: فاروق جەمیل، کەریم سنجاری، حەمید بڵباس، محەمەد قەرەداغی، قادر حەمە جان، تۆفیق کەریم و بەدرخان ئەحمەد.


لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەندا فاروق جەمیل بە سەرۆکی رێکخراوەکەو کەریم سنجاری بە جێگری سەرۆك هەڵبژێردران.

ئەم رێکخراوە یەکەم رێکخراوی پیشەیی فرە لایەنە کە لە قۆناغی پاش شاڵاوی ئەنفالەکان دامەزرابێ. پاش کۆنگرە، رێکخراوەکە گۆڤاری «تەرازوو»ی دەرکرد. ئەم گۆڤارە تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* تەرازوو (گۆڤار)

## یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان


پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی
یەکێتی ی مامۆستایانی
کوردستان
لە لایەن دوەمین کۆنفرەنسەوە
پەسەند کراوە
شوبات
١٩٨٣

ڕێکخراوی پیشەیی مامۆستایان. هەوڵەکانی پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە بۆ ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك ئەندامێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە ناوی محەمەد مەلا حسێن، بەهەماهەنگیی‌و ڕێنمایی هەر یەك لە شاسوار جەلال لێپرسراوی کۆمیتەی هەرێمەکان و جەمال تاهیر بەرپرسی ڕێکخستنەکانی سلێمانیی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کەوتە گەڕ بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکەو لەم ڕووەوە پەیوەندیی بە ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانەوە کرد کە زۆربەیان دانیشتوی شاری سلێمانی بون.

دواتر بە سەرپەرشتیی جەمال تاهیر لیژنەیەکی ئامادەکار لە محەمەد مەلا حسێن لە سلێمانی، یوسف دەرگەڵەیی لە هەولێرو عەبدولقادر مەلا عومەر لە کەرکوك پێکهێنرا. دوا بەدوای پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکار، جەمال تاهیر چۆنێتیی پێکهێنانی ڕێکخراوەکەی بۆ ئەندامانی لیژنەی ئامادەکار بەجێ هێشت.

لیژنەی ئامادەکار لە کۆبونەوەکانیدا بڕیاری دا کۆبونەوەیەکی بەرزی بڕیاردەر، بە بەشداریی نوێنەرانی مامۆستایانی پارێزگاکانی کوردستان، لە شارۆچکەی سەلاحەددین ببەسترێ‌و لەم سەروبەندەدا دەرگەڵەیی لێپرسراوەتیی فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی کۆبونەوەکەو دیاریکردنی شوێنەکەی گرتە ئەستۆ. هەروەها بۆ ڕەچاوکردنی فاکتەری ئەمنی، بڕیار درا ژمارەی بەشداربوانی کۆبونەوەکە لە دە کەس زیاتر نەبێ.

لە تشرینی دووەمدا بە ئامادەبونی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکارو دوو نوێنەری مامۆستایانی هەولێرو دوو نوێنەری مامۆستایانی سلێمانی‌و دوو نوێنەری مامۆستایانی کەرکوك، کۆبونەوەکە بە شێوەیەکی نهێنی لە شارۆچکەی سەلاحەددین بەسترا. لە سەرەتای دەستپێکی کۆبونەوەکەدا نامەیەکی پیرۆزبایی‌و ڕێنمایی جەمال تاهیر خوێنراوەیەوە کە بەدەستی حاجی مەمۆ نێردرابوو. حاجی مەمۆ دوای خوێندنەوەی نامەکە، کۆبونەوەکەی بەجێ هێشت.

لە کۆبونەوەکەدا پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی ڕێکخراوەکە، پاش مشتومڵ کردنی، پەسند کرا و بڕیار درا ڕایەڵەیەکی پتەو لە نێوان مامۆستایانی شارەکانو مامۆستا پێشمەرگەکان دروست بکرێ‌و هەماهەنگیی پتەو لە نێوان هەردولا بۆ ڕایی کردنی کارەکان بهێنرێتە دی. کۆبونەوەکە بڕیاری دا ئەندامانی لیژنەی ئامادەکار تا کاتی بەستنی کۆنفرەنس ئەرکی سکرتاریەتی ڕێکخراوەکە بگرنە ئەستۆ.

لە کۆتایی ئابی ١٩٨٠ کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی مامۆستایان لە ناوزەنگ بەسترا و تێیدا

هەشت ئەندام بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی هەڵبژێردران و ئەرکی رایی کردنی کاروباری رێکخراوەکەیان پێ سپێردرا. پاش کۆنفرەنسەکە، لە یەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی، مەکتەبی سکرتاریەت لە سێ ئەندام پێك هات. داینەمۆی مەکتەبی سکرتاریەت یوسف دەرگەڵەیی بوو کە بە کردەوە ئەرکی سکرتێری یەکێتیی مامۆستایانی گرتبوە ئەستۆ.

لە پایزی ساڵی ١٩٨٢دا لەکۆبونەوەیەکدا بەسەرپەرشتیی جەمال تاهیر کە لەگوندی شێنێی ناوچەی قەڵادزێ بەسترا، کار بۆ یەکخستنی هەردوو بەشی شاخ و شاری رێکخستنەکانی یەکێتیی مامۆستایان کرا و بڕیار درا بەشێکی گرنگی هەڵسوڕانی یەکێتیی مامۆستایان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە بگوێزرێتەوەو لەم روەوە عەدنان عەلی شێخ تاهیر وەك کارگێڕی راسپێردراو بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە دەستنیشان کرا.

کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی مامۆستایان لە شوباتی ١٩٨٣، لە کاتی پشوی زستانەی خوێندنگەکان، لەگوندی بالیسانی ناوچەی خۆشناوەتی بە ئامادەبونی ٥٦ مامۆستا لەرێکخستنەکانی ناو شارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە بەسترا. لەم کۆنفرەنسەدا پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرام هەموار کرانەوەو بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری «خەباتی مامۆستا» وەك ئۆرگانی رێکخراوەکە درا. هەروەها کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی لە ٩ کەس هەڵبژێردرا و پاشان مەکتەبی سکرتاریەت لە ٧ کەس هەڵبژێردرا و دواتر بۆ ٥ کەس کەم کرایەوە لەوانە یوسف دەرگەڵەیی، سەیفەددین عەلی ئەحمەد عەلی و یەعقوب عەزیز.

لە ٢٨ی ئایاری ١٩٨٥ دەزگا ئەمنییەکان لە هەولێر یوسف دەرگەڵەییان دەستگیر کردو هەر ئەو رۆژە لەگرتوخانەی ئەمنی هەولێر لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهیدیان کرد. شەهیدبونی بۆ یەکێتیی مامۆستایان زیانێکی گەورە بوو، بەڵام رێکخراوەکە سەرەڕای گورزە کاریگەرەکە توانی بەردەوام بێ و گەشە بکا.

کۆنفرەنسی سێیەمی یەکێتیی مامۆستایان لە ئەیلولی ١٩٨٥ لەگوندی سماقوڵیی ناوچەی خۆشناوەتی بەڕێوە چوو. کۆنفرەنسەکە بە وتارێکی کۆسرەت رەسول عەلی لێپرسراوی مەڵبەندی سێ دەستی پێکرد. کۆنفرەنس رۆڵی یوسف دەرگەڵەیی بەرز نرخاندو بەکۆی دەنگ بە سکرتێری فەخری هەڵبژارد. کۆنفرەنس کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتیی تازەی هەڵبژارد. لەیەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتیدا لەگوندی سێوسێنان لەقەرەداغ، مەکتەبی سکرتاریەت لەهەشت ئەندام پێك هات کە ئەمانەن: عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل، عەبدولقادر مەلا عومەر، سوارە ئیسماعیل، محەمەد مەلا حسێن، رێبوار ئیسماعیل، یەعقوب عەزیز، سالار تاهیرو خەلیل برایم گەرمیانی، لەوانە عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل بە سکرتێری یەکێتیی مامۆستایان هەڵبژێردرا.

لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا یەکێتیی مامۆستایان توانی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان خەباتی نیشتمانی و خەباتی پیشەییدا وەدی بێنێ و رۆڵێکی دیاری لەبەردەوامبونی پرۆسەی خوێندن لە خوێندنگەکانی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراقدا هەبوو، سەرباری ئەوەی کە مامۆستا پێشمەرگەکان نەخشێکی دیاریان لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەو دامودەزگاکانی شۆڕشدا هەبووە. یەکێتیی مامۆستایان لە رێی گۆڤاری «خەباتی مامۆستا»وە کە لە ماوەی نێوان ١٩٨٢ ـ ١٩٨٧دا دە ژمارەی لێ دەرکراوە، هەروەها لە رێی هەندێ بەرنامەوە کە لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان

پەخش کراون، پەیامی پیشەیی ـ نیشتمانیی خۆی گەیاندۆتە مامۆستایانو بەشداریی لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی توێژی مامۆستایاندا کردووە.

بابەتی پەیوەندیدار:

* خەباتی مامۆستا (گۆڤار)

**پاشکۆ ژمارە ١**

## پرۆگرامو پەیڕەوی
## ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنفرەنسی سێیەمی
## یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان
## (١٩٨٥)

ماددەی ١ :

نـاوی رێکـخـراوەکـە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە و بە ی.م.ك دەناسرێت.

ماددەی ٢ :

١/٢ : شوێنی کارکردن کوردستان .

٢/٢ : کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی بۆی هەیە لیژنەی ناوچە لەشوێنەکانی تر بکاتەوە.

ماددەی ٣ : یەکێتی مامۆستایان

یەکێتی مامۆستایان رێکخراوێکی پیشەیی و دیموکراتی کوردستانی سەر بە عیراقە.

ماددەی ٤ : ئامانجە نیشتمانییەکان

١/٤ : پشتگیری کردن لە شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بەوپەڕی لەخۆبوردنەوە و خەبات کـردن لـەپێـناوی دەسـتگـیـرکـردنـی ئامانجەکانی لـەڕزگـاریو دیموکراسیو ژیانی سەرفرازیدا رووەو دەستگیرکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس.

٢/٤ : پشتگیری کـردن لـە خـەبـاتـی گەلانی زۆرلێکراوی دنیا بەگشتیو خەباتی گەلی فەلەستین بەتایبەتی لەپێناوی گەڕانەوە بۆ سەر خاکی بەزۆر داگیرکراوی بابو باپیرانی.

٣/٤ : پەرەپێدان و رۆیشتن لەسەر سیاسەتێکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز دژ بەئیمپریالیزم و زایۆنیزم و بیروڕاکانی کۆنەپەرستی و تیرەگەری بە هەموو شێوەکانی کۆن و نوێیەوە کە مەترسین و هەڕەشە لە بزووتنەوەی مێژووکردی گەلەکەمان دەکەن. هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ گەلانی جیهان لەسەر بنچینەی یەکسانیو سودو بەرژەوەندیی هاوبەش.

٤/٤ : هەوڵدان بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان یەکێتییەکەمان و هەموو رێکخراوە کوردستانییەکانی تر لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستانو پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکێتییەکانی مامۆستایانی گەلانی دراوسێو جیهان بۆ چەسپاندنی پەیوەندییە سیاسیو رۆشنبیری و پیشەییەکانی مامۆستایانی کوردستانو ئەو رێکخراوانە.

٥/٤ : یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان خەبات دەکـات تـا ببێتە ئـەنـدام لـە رێـکـخـراوی گشتیی مامۆستایانی جیهان.

ماددەی ٥ : ئامانجە دیموکراتییەکان

١/٥ : خەبات دەکەین لەپێناوی ئازادیی پێکهێنانی رێکخراوی سیاسی و دیموکراتیو پیشەیی، ئازادیی بیروڕا، ئازادیی مانگرتنو کۆبوونەوە و چاپەمەنی .

٢/٥ : وەرگرتنی خوێندکاران لەئامۆژگا و زانکۆ و خوێندنگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان بەپێی لێوەشاوەییو دوور لە هەموو جۆرە مەرجێکی تایبەت.

١/٢/٥ : دابین کردنی مامۆستای پسپۆڕ و شارەزا و بەتوانا بۆ خوێندنگاکانی مامۆستایان و زانکۆکان.

٣/٥ : بایـەخدان بـەزمـان و رێـزمـانـی کـوردی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و زیندووکردنەوە و گەشەپێدانی ئـەدەبو فۆلکلۆر و کـەلـەپـوری نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازی گەلی کورد.

٤/٥ : دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاریی کورد و یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و ڕێکخراوە دیموکراتی و جەماوەرییە کوردستانییەکانی خوێندکاران، لاوان، هونەرمەندان و ئافرەتان لەسەر بنچینەی ئازاد و دیموکراتییانە .

٥/٥ : کردنەوەی کتێبخانەی گشتیی کوردستان کە هەموو سامان و کەلەپوور و رواڵەتێکی نەتەوایەتی بگرێتەوە، هاوشان لەگەڵ مۆزەخانەیەکی مێژووی نەتەوایەتی لە کوردستاندا.

٦/٥ : دارشتنی بەرنامەیەکی گشتی کە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی روەو دیموکراسی و سۆسیالیزم لە کوردستان دابین بکات بۆ بژارکردن و پاککردنەوەی بەرنامەکانی خوێندن لە بیروباوەڕی کۆنی رەگەزپەرستانە کە ئاخنراوەتە ناویەوە.

٧/٥ : دابین کردنی خوێندن لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن و بایەخدان بەپەروەردەکردنی ساوایانی کوردستان و پەرەپێدانی کردنەوەی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەموو شار و ئاواییەکانی کوردستان.

٨/٥ : کردنەوەی زانکۆی کوردستان بە شێوەیەك کە لە خزمەتی پێگەیاندنی رۆڵەکانی گەلی کوردستاندا بێت و پەرەپێدانی ژمارەی خوێندکار و وەرگرتنی هەر خوێندکارێکی کورد و ناردنە دەرەوەیان بەهۆی زەمالە و بەعساتەوە و لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ زانکۆکانی جیهان.

٩/٥ : باشتر وایە لە وەرگرتنی خوێندکاران لەئامۆژگا و خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان رێژەیەکی گونجاو لە خوێندکارە گوندنشینەکان وەربگیرێت.

١٠/٥ :گرنگی پێدان و خستنەڕووی جوگرافیا و مێژووی کوردستان و گەلی کورد و بەرنامەڕێژکردنی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستاندا شان بەشانی مێژوو و جوگرافیای گەلانی دیکە.

١١/٥ : پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان مامۆستاو خوێندکار لەسەر بناغەی هاوکاری و نواندنی دڵسۆزی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و زانستی و پەروەردەیی.

ماددەی ٦ : ئامانجە پیشەییەکان

١/٦ : بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی مامۆستایان بە :

١/١/٦ : زیادکردنی مووچەی مامۆستایان.

٢/١/٦ : بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی مامۆستایانی گوندەکان لەرووی موخەسەسات و دابینکردنی خانووبەرە.

٣/١/٦ : دروستکردنەوەی کۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ ئامادەکردنی پێویستییەکانی رۆژانە و خانووبەرە دروستکردن بۆ مامۆستایان.

٢/٦ : بایەخ بە مامۆستای نەخۆش و خێزانەکانیان بدرێت و بەخۆڕایی لە نەخۆشخانەکاندا چارەسەر بکرێن.

٣/٦ : بەرگری کردن لە مامۆستایان لە بەرامبەر گرتن و دەربەدەرکردنو دورخستنەوە و نەبڕینی مووچەکانیان لە کاتی زیندانی کردنیاندا.

٤/٦ : ئەو مامۆستایانەی لە ریزەکانی شۆڕشن لە دوارۆژدا تەواوی مافەکانیان بپارێزرێن.

٥/٦ : ئەو کەسانەی لە شێوەی مامۆستا دان و لەقوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکاندا وانە دەڵێنەوە، فەرامۆش نەکرێن و خزمەتیان رەچاو بکرێ.

٦/٦ : یارمەتیدانی مامۆستا بەهرەدارەکان و کادیرە لێهاتووەکانیان و ناردنیان بۆ دەرەوەی وڵات لە رێگەی زەمالە و نێردراوی زانستی.

٧/٦ : رەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ مامۆستایانی کوردستان لە زانکۆکان و خوێندنی باڵا.

٨/٦ : کارکردن لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیریی زانستی و پەروەردەیی مامۆستایان.

**پەیڕەوی ناوخۆ**

ماددەی ١ : یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لەو مامۆستا شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازانە پێکدێت کە باوەڕیان بە پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان هەیە و بێ دودڵی خەبات دەکەن لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی یەکێتی لەبەر رۆشنایی خەباتی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان.

ماددەی ٢ :

هەر مامۆستایەك ئەو مەرجانەی تێدا بێت، بۆی هەیە داوایەك پێشکەش بکات. دوای رەزامەندیی لیژنەکانی سەرەوە بەئەندام وەردەگیرێت.

ماددەی ٣ : مەرجەکانی ئەندامەتی

١/٣ : مامۆستا و ئەو کادیرانەی راستەوخۆ کرداری پەروەردە و فێرکردنیان لەئەستۆ دایە.

٢/٣ : ئەوانەی لە ناو شۆڕشدان و بە شێوەی مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی ناوچە رزگارکراوەکانی شۆڕشدا دەرس دەڵێنەوە، دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ، ئەندامێتیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیان پێ بدرێت بە مەرجێك بەلانی کەم هەڵگری بڕوانامەی سێی ناوەندی بن و بەردەوامیش بن لەکرداری دەرس وتنەوەدا.

٣/٣ : خاوەنی رەوشتێکی بەرز و شیاو بێت.

٤/٣ : لە ریزەکانیدا تێبکۆشیو بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردنەوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

٥/٣ : ئابوونەی مانگانە لە یەك دینار کەمتر نەبێت.

ماددەی ٤ : مافەکانی ئەندام

١/٤ : مافی رەخنەگرتنی هەیە لە چوارچێوەی ڕێکخستن و لەسەر هەموو ئاستێك.

٢/٤ : مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنی هەیە.

٣/٤ : مافی داواکردنی یارمەتیی هەیە لە کاتی پێویستدا.

٤/٤ : هەر ئەندامێك لەبەر هەڵوێستی سیاسی لە مامۆستایەتی لاببرێت، لە ئەندامێتی ناکەوێت.

٥/٤ : هەر ئەندامێك بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە بگیرێت یان دەربەدەر بکرێت یەکێتی یارمەتیی خێزانەکەی دەدات بە پێی توانا.

ماددەی ٥ : لە ئەندامێتی دەکەوێت :

١/٥ : هەر ئەندامێك سێ مانگ لەدوای یەك بێ بەڵگەی رەوا ئابوونە نەدات.

٢/٥ : پێچەوانەی ئامانجەکانی یەکێتی رەفتار بکات و هەوڵی تێکدانی یەکێتیی بیرو بۆچوونی ریزەکانی ڕێکخستن بدات.

٣/٥ : نهێنیی یەکێتی بدرکێنێ.

٤/٥ : لە کاتی کشانەوەی یان دەرکردنی لە ریزەکانی یەکێتی.

٥/٥ : بەبێ رەزامەندیی لیژنەی ناوچە لەیەکێ لەدەزگا جاسوسی و داپڵۆسێنەرەکانی رژێمدا کار بکات.

شێوەی ڕێکخراوەیی یەکێتی

١- شانە لە ٢ — ٥ ئەندام پێکدێت.

٢- شانەی سەرەکی لە ٣ — ٥ ئەندام لە لێپرسراوانی شانەکان پێکدێت.

٣- لیژنەی شار لە ٣ — ٥ ئەندامی بەرپرسیاری شانە سەرەکییەکان پێکدێت.

٤- لیژنەی ناوچە لە ٣ — ٥ ئەندامی بەرپرسیاری لیژنەی شارەکان پێکدێت.

٥- کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی لە ٩ — ١١ ئەندام پێکدێت. کۆنفرەنس بە دەنگدانی نهێنی هەڵیاندەبژێرێت بە مەرجێك نوێنەری گشت

ناوچەکانی تێدا ئامادە بێت.

٦- کۆنفرەنس لە تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتیو جێگرەکان و لێپرسراوانی لیژنەی ناوچەکان و نوێنەرانی شارەکان پێکدێت بەپێی ڕێژەیەکی گونجاو.

أ- لە بارودۆخی ئاساییدا دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت.

ب- کۆنفرەنس لەسەر داوای نیوەی ئەندامانی لیژنەکانی سەرەوە یان دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی لەهەلومەرجی تایبەتیدا دەبەسترێت.

ئەرکو دەسەڵاتی لیژنەکان

١- لیژنەی شار :

١/١ : وەرگرتنی ئەندام

٢/١ : جێبەجێ کردنی سیاسەتی یەکێتی و بڕیارەکانی لیژنەکانی سەرووی خۆی.

٣/١ : سەرپەرشتی کردن و ئاراستەکردنی ئەندامان و چوونە ناو جەماوەری مامۆستایان.

٤/١ : پەرەپێدانی دارایی لە سنووری چالاکیی خۆی و داواکردنی یارمەتی لە کۆمیتەی بەرێوەبردنی گشتی بۆ ئەندامان لە کاتی پێویستدا.

٥/١ : بۆی هەیە سەرپێچیکەرەکان دوور بخاتەوە، دوای سەرنج ڕاکێشان و وریاکردنەوەیان بەئاگاداریی لیژنەی ناوچە.

٦/١ : بەلانی کەمەوە هەر مانگەی جارێك کۆ دەبێتەوە. لەبارەی چالاکی و ڕێکخستنەوە ڕاپۆرتی مانگانە بۆ لیژنەی ناوچە بەرز دەکاتەوە.

٢- لیژنەی ناوچە :

١/٢ : سەرپەرشتی کردن و جێبەجێ کردنی سیاسەتی یەکێتی و بڕیارەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی لە ناوچەکەدا.

٢/٢ : چاودێری کردنی چالاکیی لیژنەکانی شار.

٣/٢ : مانگی جارێك بەلانی کەمەوە کۆ دەبێتەوە. هەروەك ڕاپۆرتیش بۆ سکرتاریەت بەرز دەکاتەوە و لە کاتی پێویستدا داوای یارمەتی و ئامۆژگاری و فەرمانی لێدەکات.

٤/٢ : مافی دەرکردنی بڵاوکراوەی هەیە بە مەرجێ پەیوەندیدار بێت بەناوچەکەوە.

٣- کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی :

١/٣ : ئاراستەکردنی چالاکییەکانی یەکێتی بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنفرەنس و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی.

٢/٣ : چاودێری کردنی لیژنەکانی سەرکردایەتی و یارمەتیدانیان لە کارکردنیاندا.

٣/٣ : بۆی هەیە لیژنەی ناوچە لەشوێنە پێویستەکاندا پێك بهێنێت.

٤/٣ : مافی سزادانی ئەندامە سەرپێچیکەرەکانی هەیە و دەتوانێت بڕیاری دەرکردنی یەکجارەکی یان کاتی بەزۆرینەی دەنگ بدات، جگە لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی کە ئەمەیان لە دەسەڵاتی کۆنفرەنسدایە.

٥/٣ : مافی لێسەندنەوەی ئیشو کارو بەرپرسیاریی هەیە لەئەندامەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی بە مەرجێ لەسێیەکی ئەندامەکانی کۆمیتە تێپەڕ نەکات.

٦/٣ : هەر چوار مانگ جارێك یان لە کاتی پێویستدا کۆ دەبێتەوەو بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگ دەدرێن بە مەرجێ لە نیوەی ئەندامانی زیاتر بەشداری بکەن.

٧/٣ : هەر لیژنەیەکی ناوچە کە دروست دەکرێ، یەکسەر بە کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتییەوە دەبەسترێتەوە.

٨/٣ : سكرتێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هەڵدەبژێرێت.

٤- مەکتەبی سکرتاریەت :

ئەرکەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتیی هەڵدەسوڕێنێ‌و لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا دەسەڵاتەکانی ئەوی هەیە جگە لە بڕگەی ٥/٣ .

١/٤ : یەکێتی بەڕێوە دەبات و گۆڤارو بڵاوکراوەی پێویست دەردەکات.

٢/٤ : هەر دوو مانگ جارێ یان لە کاتی پێویستدا کۆ دەبێتەوە.

٥- سکرتێر :

١/٥ : سکرتێر سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانی سکرتاریەت‌و کۆمیتە دەکات.

٢/٥ : سکرتێر لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا ئیشوکارەکانی سکرتاریەت و کۆمیتە رادەپەڕێنێ.

٣/٥ : سەرپەرشتیی چالاکیی لیژنە ناوچەییەکان دەکات‌و راپۆرتیان وەڵام دەداتەوە و پوختەی کارەکانیان دەخاتە بەردەم کۆبوونەوەی سکرتاریەت.

٤/٥ : بۆی هەیە بە ناوی مەکتەبی سکرتاریەت و کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتییەوە قسەو پەیوەندی لەگەڵ پارت و رێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان و نوێنەرەکانیاندا بکات.

٦- کۆنفرەنس :

١/٦ : بەرزترین دەسەڵاتە.

٢/٦ : کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی هەڵدەبژێرێت.

٣/٦ : دەسەڵاتی گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەو و چاودێری کردنی دارایی‌و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی هەیە.

٤/٦ : چاواخشاندنەوە بەو بڕیارو ئامۆژگارییانەی کە لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی‌و لیژنەی ناوچەکانەوە دەرچووە بۆ بڕیاردانی کۆتایی لەسەریان.

## پاشکۆی ژمارە ٢

## راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرەنسی سێیەمی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان

مامۆستایانی تێکۆشەر

لاتان رون‌و ئاشکرایە کە کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەو چەوساوەی کوردستان رووبەڕووی دڕندانەترین شاڵاوی رژێمی بورژوازیی بیرۆکراتی بەعسی عەفلەقی بونەتەوە کە هەمیشە هەوڵی داوە سیما و روخساری کوردو کوردستان بسڕێتەوە، بەوەی کە زۆربەی زۆری گوندەکانی کوردستانی خاپور کردووەو رەزو باخ و بێستان و کێڵگەو کانییەکانی کاول کردووەو دەیەوێ رەگەزایەتی و کۆنەپەرستی و بیروباوەڕی عەفلەقی لە ئاخرو ئۆخریی سەدەی بیستەمدا لەمێشکی خەڵکی هەژارو بێ دیفاع بە زۆرەملێ بچەسپێنێ.

رژێم رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بەرەو داپڵۆسین و تۆقاندن و زیندەبەچاڵ کردنی رۆڵەکانی گەلەکەمان رەفتار دەکات. لە ئەنجامی ئەوەدا چەندین مامۆستای شۆڕشگێڕو کارامە گیانی پیرۆزی خۆیان کردە قوربانیی رێگای سەرفرازیی گەل و نیشتمان. ژمارەیەکی زۆری مامۆستاکانیش لە دەزگا پەروەردەییەکان بێبەش کراون یان لە پیشەی مامۆستایەتی گوێزراونەتەوە یاخود هەر بە یەکجارەکی لە ئەرك و پیشە دەرکراون. جگە لەمانە، بە سەدان رەفتاری نامرۆڤانەی تر، رژێم لەم دواییەدا بەپێی نەخشەیەکی دڕندانە کەوتۆتە داخستنی زیاتر لە ٨٠٠ قوتابخانەی جیا جیا لە کوردستان، کەچی لە پاڵ ئەو هەموو تین و تەوژمەی رژێم دەرهەق بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بزوتنەوەی رزگاریخواز هەر لە گەشەکردن و پێشەوەدایە. ئەوەتا رۆڵە هەمیشە گیان لەسەر دەستەکانی گەلەکەمان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لێرەو لەوێ گورزی کاریگەری خۆیان لە

دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی ئاگرو ئاسنی عەفلەقی دەوەشێنن و رقی پیرۆزی جەماوەریان بە سەردا دادەبارێنن و داستانی پڕ سەروەری بۆ مێژووی میللەتەکەمان تۆمار دەکەن.

مامۆستایانی هێژا

بە تاقیکردنەوە بۆمان دەرکەوتووە کە بزوتنەوە دیموکراتییەکانی وڵاتانی داگیرکراو (جیهانی سێیەم) هاوتەریبی بزوتنەوە شۆڕشگێڕە رزگاریخوازییەکانیانن. ئەمەش لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا بەدی دەکرێت، چونکە بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەی کوردستان گەشەی کردووەو رووەو پێشەوە هەنگاوی ناوەو بە شێوەیەکی دیالەکتیکی گەشەی بە رێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان داوە. بۆیە مامۆستایانیش لە چوارچێوەی رێکخراوەکەیاندا بەپێی ئەم یاسایە جموجوڵ و کارەکانی خۆیان قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام داوە، بە تایبەتی لەو هەلومەرجانەی کە بارێکی دیموکراتییان بە خۆیانەوە دیوە، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان توانیویەتی زۆربەی مامۆستایانی کوردستان لە ژێر ئاڵای خۆیدا کۆ بکاتەوە و لە خەباتی پیشەیی و پشتگیری کردن لە جولانەوە شۆڕشگێڕەکەی گەلەکەمان وەگەڕیان بخات.

مامۆستایانی تێکۆشەر

ئەمڕۆ کوردستان بە بارودۆخێکی ئێجگار ناسکدا تێدەپەڕێ. ئاشە خوێناوییەکەی شەڕی قادسیە مێشکی مرۆڤی ئەم سەدەیە دەهاڕێ. رۆژ نیە دەیان کەس نەبنە سوتەمەنیی ئەم شەڕە ناڕەوایە، هەلومەرجیش بۆ هەموو خاوەن ویژدانێك لەبارە کە دابەزێتە کۆڕی خەبات و بکەوێتە داکۆکی کردن لە مەسەلە رەواکەی. دە با ئێوەش لە هەر شوێنێکدا بن پەردە لە روی رژێمی عەفلەقیی بەغدا هەڵماڵن و هەموو رەفتارە ناپەسندەکانی ریسوا بکەن.

ئەی جەماوەری مامۆستایانی کوردستان

ئا لەو کاتە ناسکەدا بوو کە نوێنەرانی شارو شاخی مامۆستایان بێ گوێدانە ئینتیمای سیاسییان، لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ئەم ساڵەدا (١٩٨٥) خۆیان گەیاندە گۆشەیەکی رزگارکراوی کوردستان و لە ژێر دروشمی «رووەو پتەوکردن و فراوان کردنی ریزەکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، پشتگیری لە خەباتی گەلی کورد، لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتی و پیشەییەکاندا» سێیەمین کۆنفرەنسی خۆیان سەرکەوتووانە ئەنجام دا.

سەرەتای کردنەوەی کۆنفرەنس، بەشداربووان دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان وەستان. دوا بە دوای ئەوە، لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنفرەنس هەڵبژێردرا و ئینجا بەرنامەی کارکردنی کۆنفرەنس لە لایەن مامۆستایانەوە بەم چەشنەی خوارەوە داڕێژرا:

١-خوێندنەوەی راپۆرتی گشتیی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتی کە بە تێروتەسەلی باسی کارەکانی رابردوی کردو هەڵەکانی پێشوی دیاری کرد، نوێنەرانیش بە گفتوگۆو پێشنیارو رەخنەو هەڵسەنگاندن دەوڵەمەندیان کردو لە دواییدا راپۆرتەکە خرایە بەردەمی کۆنفرەنس و لەگەڵ دروشمەکە پەسند کرا.

٢-کۆنفرەنس چەند لیژنەیەکی بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکان پێکهێنا وەك:

ا-لیژنەی پەیڕەو و پرۆگرام.

ب-لیژنەی بڕیارو راسپاردەکان.

ج-لیژنەی داڕشتنی راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرەنس.

٣-بروسکەیەك ئاراستەی هەموو ئەو لایەن و رێکخراوانە کرا کە بروسکەی پیرۆزبیان ئاراستەی کۆنفرەنس کردبوو.

٤-شەرەفی سەرکردایەتیی کۆنفرەنسی دووەم تا سێیەم بە شەهیدی نەمر مامۆستا یوسف دەرگەڵەیی بەخشرا.

٥-له دوا دانیشتندا کۆنفرەنس ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی گشتیی تازەی هەڵبژارد.

مامۆستایانی کوردستان

له دوایـیدا بانگەوازی خۆمان دوبـاره دەكەینەوە کە هەر چی زووە زیاتر بێنە ریزی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکەتان، ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، کە نوێنەری ڕاستەقینەی سەرجەم مامۆستا شۆڕشگێڕو دڵسۆزەکانی کوردستانە، بۆ ئەوەی بتوانین وزەکانمان لە ئاستێکی ڕەواو مسۆگەر بە نەخشەی سەرکەوتووانە، لەپێناوی دابین کردنی ئامانجەکانی مامۆستایان و مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا، ئەنجام بدەین. نەمری و سەربەرزی بۆ مامۆستایانی شەهیدو هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.

هەر شەکاوە بێت ئاڵای خەباتی گەلی کوردستان.

هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتوو بن.

کۆنفرەنسی سێیەمی

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان

سەرەتای ئەیلولی ١٩٨٥

سەرچاوە: گۆڤاری «خەباتی مامۆستا»، ژمارە ٥، خولی سێیەم، کانونی یەکەمی ١٩٨٥، ل ٣١-٣٤.

## پاشکۆی ژمارە ٣

## یاداشتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بۆ ڕێکخراوی یۆنسکۆ

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان

١٩٨٥/١١/١

بۆ بەڕێز ئەحمەد موختار ئێمبۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی پـەروەردەو زانست و ڕۆشنبیریی نەتەوە یەکگرتووەکان (یۆنسکۆ).

بەڕێزان ئەندامانی ڕێکخراو

جوانترین سڵاوی یەکێتییەکەمانتان ئاراستە دەکەین و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

برایان

ڕژێمی دەسەڵاتداری عیراق تا ئێستا بەردەوامە لەسەر سیاسەتە دوژمنکارییە شۆڤێنییەکەی بەرامبەر بە گەلی کوردی تێکۆشەرمان. هەر ڕۆژە دڕندانەترین شێوەی داپڵۆسین و تیرۆر و بێبەشی لە ساکارترین پێداویستییەکانی ژیان و مافە ڕەواکان دژی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەکار دێنێ. لەم دواییەشدا بەبێ هیچ بیانوویەکی ڕەوا زیاتر لە هەزار قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی لە کوردستان داخستووەو فێرکردنی تێدا وەستـانـدووە. بێشەرمیی ڕژێم گەیشتۆتە رادەیـەك تەنانەت لافی ئەوە لێ دەدا کە ئەم هەنگاوەی لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا ئەنجام داوە. بە دڵنیایی و لەسەر زاری خۆیشی، وای ڕادەگەیەنێ کە ئەگەر کوشتن و ئاوارەکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی لەگەڵدا نەبێ و لە بچوکترین پێداویستییەکانی ژیان و ژیار بێبەش نەبن یان جەهالەت و نەخوێندەواری و دوواکەوتویی لە ریزەکانی بڵاو نەکاتەوە، بەرژەوەندییەکانی نایەنە دی.

ئـەوەتـا لە پارێزگای سلێمانی و لەسەر داوای لیژنەی ئەمنیی پارێزگا، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە بـە نـوسـراوی ژمـارە ٢٨٦٢٢ی ڕێکەوتنی ٢١ی ئەیلولی ١٩٨٥، ٢١٨ قوتابخانەی داخستووە. لەگەڵ ئەم یاداشتەمان وێنەیەك لە نوسراوەکەیتان بۆ بەرز دەکەینەوە.

هەروەها لە پارێزگای هەولێریش، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی پارێزگا بە نوسراوی ژمارە ٢٢٩٧٥/٦/٩ ی ڕێکەوتی ١ ی ئەیلولی ١٩٨٥ زیاتر لە ٣٨٠ قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی داخستووە. لە پارێزگای دهۆکیش بەڕێوەبەرایەتیی پـەروەردەی پارێزگا بە نوسراوی ژمارە ١٧٠٥ چەندین قوتابخانەی داخستووە. هەروەها بڕیارێکی هاوشێوەش پارێزگای

کەرکوکی گرتۆتەوە.

ئەم هەنگاوەی رژێم پێچەوانەی هەموو خوو و رەوشتێکی مرۆڤایەتییەو دژ بە ئامانج و بیروڕاکانی رێکخراوە بەڕێزەکەی ئێوەشەو لە هەمان کاتدا پێشێل کردنی سادەترین مافی دەوڵەتانە بەرامبەر بە گەلەکانیان و لاف و گەزافی پرۆپاگەندەی رژێم سەبارەت بە پێشکەوتن و دیموکراسی و بایەخدان بە فێرکاری و نەهێشتنی نەخوێندەواری دەخاتە روو. ئەم هەنگاوە خۆی لە خۆیدا بێبەش کردنی سەدان هەزار منداڵ و رۆڵەی گەلەکەمانە لە مافی فێربون، لە کاتێکدا ئەم مافە لە زۆرترین وڵاتانی جیهان بۆتە ئەرکێکی تەوزیمیی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بە رۆڵەکانیان، هەروەك رێکخراوەکەی ئێوەش دەوری سەرەکیی بۆ ئەم مەبەستە مسۆگەر کردووە.

برایان

یەکێتییەکەمان، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بە هاوکاریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەزگاکانی شۆڕش بڕیاری کردنەوەی چەندین قوتابخانەی لە ناوچە رزگارکراوەکان داوە، تا ئێستاش ١٢٠ قوتابخانەی سەرەتایی کردۆتەوە. بەردەوامیشە لەسەر ئەم کارەو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کۆشش دەکا بۆ ئەوەی هەلی فێربون و زانست و زانیاری بۆ نەوەی داهاتوو دابین بکات.

یەکێتییەکەمان لە کاتێکدا لە ئێوەی بەڕێز داواکارە نارەزایی خۆتان بەرامبەر بەم هەنگاوەی رژێم دەربڕن تا سنورێك بۆ ئەم هەڵسوکەوتە دابنێ، لە هەمان کاتدا پێتان رادەگەیەنێ کە هاریکاریی بکەن و دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکەن بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی فێرکاری بۆ ئەو قوتابخانانەی کە تازە کراونەتەوەو هاوشان بن لەگەڵ ئەم هەنگاوە پیرۆزەی کە رەنگدانەوەی ئامانجێکی رێکخراوەکەی ئێوەیە لە بواری رەخساندنی هەلی فێربون بۆ نەوەی نوێ.

جارێکی دیکە سڵاو و رێز. سەرکەوتنتان ئاواتمانە.

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان

مەکتەبی سکرتاریەت

سەرچاوە: گۆڤاری «خەباتی مامۆستا»، ژمارە ٥، خولی سێیەم، کانونی یەکەمی ١٩٨٥، ل ١٧-١٩.

## یەکێتیی نوسەرانی کوردستان

رێکخراوێکی دیموکراتییە ساڵی ١٩٨٠ لە ناوزەنگ دامەزراوە. دوو هۆی سەرەکی لەپشت پێکهێنانی رێکخراوەکەوەن. یەکێکیان هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نوسەرانی کوردە لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن حکومەتی عیراقەوەو ئەوی تر زیادبونی ژمارەی ئەو نوسەرانەیە کەپەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو یاخود لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بون.

حکومەتی عیراق دوو ساڵ بوو نیازی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نوسەرانی کوردی هەبوو. لە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نوسەرانی کورددا کە لە ماوەی ١٠ ـ ١٤ی ئەیلولی ١٩٧٨ لە هەولێر بەسترا، حکومەتی عیراق لە رێی نوێنەرەکانیەوە بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە نابێ لە یەك وڵاتدا دوو رێکخراوی نوسەران هەبێ‌و داوای کرد یەکێتیی نوسەرانی کورد وەك رێکخراوێکی سەربەخۆ هەڵبوەشێنرێتەوەو ببێتە لقێکی یەکێتیی ئەدیبانی عیراق. پاش سەرنەگرتنی داواکە، پێشنیار کرا ناوی یەکێتیی نوسەرانی کورد هەموار بکرێ‌و ببێتە یەکێتیی نوسەرانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەو بیانووەی کە ئەمە دەرفەت بۆ نوسەرانی سەر بە کەمینە ناکوردەکان دەرەخسێنێ کەببن بە ئەندام تێیدا. بەڵام کۆنگرە ئەم داوایەشی رەت کردەوە. لەسەرجەمی ١٢٠ ئەندام، ١٠٩ ئەندام سور بون لەسەر هێشتنەوەی رێکخراوەکە وەکو خۆی.

پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نوسەرانی کورد لە

ساڵی ١٩٨٠، حەمەی حەمە باقی وەك ئاماژەیەك بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارەکە، پێشنیاری کرد بە هاوکاریی نوسەرانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە و نوسەرانی شارەکان ڕێکخراوێکی تازە بۆ نوسەران پێك بهێنرێ.

لەم چوارچێوەیەدا نوسەران لیژنەیەکی ئامادەکاریان بۆ تاوتوێ کردنی ئەم مەسەلەیە پێك هێناو لە کۆبونەوەیەکدا کە لە ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٨٠ لە ناوزەنگ بەسترا، دامەزراندنی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانیان ڕاگەیاندو بڕیاریاندا گۆڤارێکیش دەر بکەن. لەم ماوەیەدا یەکێتیی نوسەرانی کوردستان بارەگای لەگوندی زەڵێ داناو کەوتە نواندنی چالاکی.

لە ئازاری ١٩٨١ دا یەکێتیی نوسەران ژمارە یەکی گۆڤاری «پێروو»ی دەرکرد کە ئەندامانی دەستەی نوسەرانی پێك هاتبون لە هەڤاڵ کوێستانیو حەمەی حەمە باقیو ئەبوبەکر خۆشناو. هەمان ساڵ یەکێتیی نوسەران گۆڤاری «پێروو»ی ڕاگرت و گۆڤارێکی دیکەی بە ناوی «نوسەری کوردستان» دەرکرد. ئەم گۆڤارە ١٩ ژمارەی لێ دەرچووەو تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بووە.

جگە لەگۆڤاری «نوسەری کوردستان» کە بەگۆڤاری ناوەندیی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان دادەنرێ، لقەکانی ڕێکخراوەش هەر یەکەیان گۆڤاری خۆی هەبووە. ساڵی ١٩٨٣ هەر یەکێ لە دوو لقەکەی ڕێکخراوەکە، گۆڤاری خۆی دەرکرد. لقی هەولێری ڕێکخراوەکە گۆڤاری «نوسەری نوێ»ی دەرکرد کە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە. لقی کەرکوکیش گۆڤاری «گزنگ»ی دەرکرد کە تا ژمارە ١٥ی لێ دەرچووە.

بارەگای یەکێتیی نوسەران بەپێی بارودۆخی شۆڕش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گواستراوەتەوە. تا ساڵی ١٩٨٣ بارەگای ڕێکخراوەکە لەگوندی زەڵێ بوو. ساڵی ١٩٨٤ بارەگاکە بۆ سورداش گوێزرایەوەو پاشان، لە ساڵی ١٩٨٥ دا، چووە گوندی یاخسەمەر لە دۆڵی جافەتی.

یەکێتیی نوسەرانی کوردستان لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا ڕۆڵێکی دیاری لەپێشخستنی بزاڤی ڕۆشنبیریو قوڵکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییدا گێڕاوە. بەدرێژایی ماوەی نێوان ١٩٨١ ـ ١٩٩١ ڕێکخراوەکە چەردەیەك بەرهەمی ئەدەبیی پەخش کردوە کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆریان لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە بواری شیعرو چیرۆكو لێکۆڵینەوەدا هەبووە لەوانە چەند دیوانە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس وەك «داستانی هەڵۆی سور» (١٩٨٤)، «کەشکۆڵی پێشمەرگە» (١٩٨٤)، «تەم تومان» (١٩٩٠) و دیوانی شیعری چەند شاعیرێکی تر لەوانە دیوانە شیعرەکانی «خۆری زیندان»ی مارف عومەر گوڵ (١٩٨٥) و «مەرگی هەڵۆ»ی محەمەد کەساس (١٩٨٦) و «تفەنگ»ی جەوهەر کرمانج (١٩٨٨)، سەرباری چاپ کردنی دیوانە شیعری پێشمەرگە شەهیدەکان لەوانە دیوانی «روبارێکی خوێناوی»ی جەمیل ڕەنجبەر لە ساڵی ١٩٨١ کە یەکەم بەرهەمی یەکێتیی نوسەران بووەو «دیوانی حسێن مەولود ئەحمەد» لە ساڵی ١٩٨٢ و دیوانی «کاروانی نوێ»ی محەمەد ئەمین شێخ عەلی لە ساڵی ١٩٨٤.

لە بواری لێکۆڵینەوەش، یەکێتیی نوسەران لێکۆڵینەوەکانی چەند لێکۆڵیارێکی بە شێوەی نامیلکەو کتێب بڵاو کردەوە لەوانە لێکۆڵینەوەکانی «فۆنیمەکانی زمانی کوردی»ی دکتۆر کەمال فوئاد (١٩٨٢) و «ئایا شێوە لە ناوەڕۆك گرنگترە»ی حەمە سەعید حەسەن (١٩٨٣) و «یەکێتیی نوسەرانی کورد لە نێوان ڕاستیو درۆنامەدا» (١٩٨٣) و «لەدوتوێی

یاداشتەکانی شاردا»ی کاکە مەم بۆتانی (١٩٨٤).

لە بواری چیرۆکیش، یەکێتیی نوسەران چەند رۆمانێکی بڵاوکردەوە لەوانە رۆمانەکانی «تۆڵە»و «نێچیر»ی محەمەد موکری (١٩٨٦)، سەرباری بڵاوکردنەوەی چەند رۆمانێکی وەرگێڕدراو لەوانە رۆمانی «خاکی دایك»ی جەنگیز ئەتماتۆڤ (١٩٨٦) کە نەجیبە ئەحمەد وەری گێڕاوەو رۆمانی «بێناسنامەکان»ی عەزیز نەسین (١٩٨٦) کە حەمە کەریم عارف وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. زۆربەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان لە ماوەی نێوان ١٩٨١ - ١٩٩١ لە چاپخانەی برایم عەزۆو چاپخانەی عەبدولخالق مەعروف چاپ کراون.

ساڵی ١٩٩٠ لەبەر رۆشنایی سیاسەتی بەرەی کوردستانی کە دەیویست لە هەلومەرجی سەختی پاش قۆناغی ئەنفالەکان، بەرزترین ئاستی هاوبەستەگیو تەبایی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانو رێکخراوە مەدەنییەکاندا بەدی بێنێ، هەوڵەکانی بۆ لێکنزیککردنەوەی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان و کۆمەڵەی نوسەرانی کوردستان خستە گەڕ. زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی نوسەرانی کوردستان نوسەرانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و رێکخراوی ئاڵای شۆڕشو پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بون. بە هەوڵ و تەقەللای بەرەی کوردستانی، چەند کۆبونەوەیەك لە نێوان نوێنەرانی هەردوو رێکخراو ساز کرا. لە ٢٨ی تەموزدا لەگوندی راژانی ناوچەی مەرگەوەڕ لە کوردستانی ئێران، لە بارەگای بەرەی کوردستانی، نوێنەرانی هەردوو رێکخراو لەسەر ئەوە رێککەوتن کە کار بۆ یەکخستنەوەی هەردوو رێکخراو بکەن.

لە ٢٠ی ئەیلولدا لە بارەگای پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لەگەلی بێنار، کۆنگرەی یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراو لە ژێر دروشمی «با قەڵەمە ئازادیخوازەکانی کوردستان هەر خەنجەری هەڵکێشراو بن بەڕوی زوڵم و ستەمی داگیرکەراندا» دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

لەکۆنگرەکەدا پرۆژەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسند کرا و هەردوو رێکخراوی یەکێتیی نوسەرانی کوردستانو کۆمەڵەی نوسەرانی کوردستان هەڵوەشانەوەو لە هەردوکیان رێکخراوێکی تازە بەپرۆگرامو پەیڕەوێکی نوێ و دەستەیەکی بەڕێوەبەری تازەوە بە ناوی یەکێتیی نوسەرانی کوردستان پێك هێنرا. کۆنگرە بڕیاری دا هەردوو گۆڤاری «نوسەری کوردستان» و «بانگ» بەردەوام بن لەسەر دەرچونو بڵاوکراوەو چالاکییەکانی پێش یەکگرتنەوەی دوو رێکخراوە هەڵوەشاوەکە بەکەلەپوری رێکخراوە تازەکە بژمێردرێت.

کۆنگرە دەستەیەکی پێنج کەسیی بۆ بەڕێوەبردنی رێکخراوەکە هەڵبژارد کە ئەندامەکانی ئەمانە بون: فەلەکەددین کاکەیی، جەوهەر کرمانج، ئەبوبەکر خۆشناو، رێکار ئەحمەد و هەڤاڵ کوێستانی. هەروەها حەمەی حەمە باقیو ئیدریس چەلکی بە ئەندامی یەدەک هەڵبژێردران.

ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەکە ٢٩ کەس بووە کەئەمەش ناوی ٢٧ کەسیانە: ئەرسەلان بایز، جەوهەر کرمانج، هەڤاڵ کوێستانی، ئازاد جندیانی، حەمەی حەمە باقی، نەجیبە ئەحمەد، ئەبوبەکر خۆشناو، ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر، دانا سەعید سۆفی، رێکار ئەحمەد، ئیدریس چەلکی، محەمەد باڵەك، فەلەکەددین کاکەیی، رەمەزان عیسا، ئەحمەد قەرەنی، رێبوار یەڵدا، قادر قاچاغ، سەعد عەبدوڵڵا، تەها مایی، سەرۆ قادر، شەماڵ حەوێزی، کەمال هەنجیرە، ئەحمەد قازی، جەلال مەلەکشا، پەرویز جیهانی، مارف ئاغایی، فەرهاد رەسول.

# یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان




ڕێکخراوێکی پیشەیی تایبەت بە هونەرمەندانە بە دەستپێشخەریی ئەندامانو لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر کە چەند مانگێکی خایاند، ڕێکخراوەکە لە شاری سلێمانی بەدەستپێشخەریی فەرەیدون دارتاش، جیهاد دڵپاك، کامل ئەحمەد، خالد سەرکارو کەمال سابیر دامەزراو لە ٢ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ بەیاننامەی دامەزراندنی ڕاگەیەنرا. دەستەی دامەزرێنەر کە لەو پێنج هونەرمەندە پێك هاتبوو، ئەرکەکانی کۆمیتەی باڵای بەڕێوە برد.

دوا بە دوای ئەمە، دەست بەدروست کردنی کۆمیتەکان کرا. بەم پێیە، کۆمیتەی پیرەمەگرون لە سلێمانی، کۆمیتەی باباگوڕگوڕ لە کەرکوك، کۆمیتەی سەفین لە هەولێر، کۆمیتەی مەتین لە بادینان دروست کران و هەروەها لە کۆیەو ڕەواندزیش دوو کۆمیتە پێك هێنران. لەم سەروبەندەشدا کۆمیتەی شاخ لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق پێك هات کە ئەندامەکانی ئەو پێشمەرگانە بون کە ئەرکی کاروباری هونەریان لەشۆڕشدا گرتبووە ئەستۆ. دلێر ئیبراهیم بوە بەرپرسی ئەم کۆمیتەیەو دەسەڵاتی ئەوەشی پێ درا کە بە ناوی ڕێکخراوەکەوە پەیوەندی بە لایەنە سیاسییەکانەوە بکات. بەکردەوە، کۆمیتەی شاخ چالاکترین کۆمیتەی یەکێتیی هونەرمەندان بوو، بەتایبەتی کە ئازادیی جموجوڵی لە ئازادیی جموجوڵی کۆمیتەکانی ناو شارەکان زیاتر بوو.

لە٢ی نیسانی ساڵی ١٩٨٤دا یەکێتییەکە سەلماندی کە لە توانایدایە چالاکیی گشتی لە ناو شارەکان ڕێك بخات، کاتێك لە سلێمانی ڕابەرایەتیی مانگرتنی هونەرمەندەکانی کرد، دەستەیەکی ١٢ کەسیی بۆ سەرپەرشتی کردنی مانگرتنەکە پێك هێناو چەند داواکارییەکی پیشەیی پێشکەش بە کاربەدەستانی ڕژێمی عیراق کرد. سەرکەوتنی مانگرتنەکە پێگەی یەکێتییەکەی لە ناو هونەرمەندان سەقامگیر کرد. هەروەها هەمان ساڵ یەکێتیی هونەرمەندان ڕابەرایەتیی هەڵمەتێکی کرد بۆ کشانەوەی هونەرمەندان لەسەندیکای هونەرمەندان کە ڕژێمی عیراق دەیویست دەستی بەسەردا بگرێ. لە ئەنجامی کشانەوەی هونەرمەنداندا، سەندیکاکە پەکی کەوت و نەخشەکەی ڕژێمی عیراق سەری نەگرت.

ساڵی ١٩٨٥ یەکێتیی هونەرمەندان ڕابەرایەتیی هەڵمەتێکی تری کردو چەردەیەك داخوازیی هونەرمەندانی پێشکەش بە سەرانی ڕژێمی عیراق کرد. ئەو لیژنەیەی کە ئەرکی پێشکەش کردنی داخوازییەکانی پێ سپێردرابوو، لە فەرەیدون دارتاش و جیهاد دڵپاك و عەلی جۆڵا پێك هاتبوو.

لەم سەروبەندەدا یەکێتییەکە سەرپەرشتیی چەند

پیشانگایەکی هونەری شێوەکاری لە هەولێر و سلێمانی کرد.

لە ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراقیش، کۆمیتەی شاخ چەند چالاکییەکی هونەریی بەئەنجام گەیاند لەوانە دامەزراندنەوەی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان و سازدانی ئاهەنگی نەورۆز لە ساڵی ١٩٨٤ لە سورداش و کردنەوەی چەند پێشانگایەکی هونەری لە تاران و کرماشان و سەقز و سازدانی فیستیڤاڵی هەڵەبجەو نەورۆز لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری سەقز.

ساڵی ١٩٩١ پاش گواستنەوەی بارەگای ئێزگەی «دەنگی گەلی کوردستان» لە سەقزەوە بۆ سلێمانی، ئەندامانی یەکێتیی هونەرمەندان تیپێکی تایبەتیان دامەزراند بۆ ئامادە کردنی سرود و بەرهەمی نیشتمانیو شۆڕشگێڕانە بۆ ئێزگە. لە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩١دا، یەکێتیی هونەرمەندان لە پێنجوێن بارەگای دانا. ساڵی ١٩٩٢ یەکێتیی هونەرمەندان رۆڵێکی بەرچاوی لە سازکردنی یەکەم فیستیڤاڵی هەڵەبجە هەبوو. هەر ئەو ساڵە، یەکێتیی هونەرمەندان لە ماوەی ٢ ـ ٤ ی ئایاردا یەکەم کۆنگرەی خۆی ساز دا و ساڵی ١٩٩٣ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی لەگەڵ کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان ساز کرد.

## پاشکۆ

## فیستڤاڵی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە سەقز
## (ریپۆرتاژ)

بە بۆنەی دووەمینساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەی شەهیدو جەژنی نەورۆزەوە، کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە ژێر دروشمی «بۆ ئاشتی، بۆ مرۆڤ، بۆ کوردستان» فیستیڤاڵێکی هونەریی مەزنی ساز کرد.

لەم فیستیڤاڵەدا کە لە ٢١ی ئازاری ١٩٩٠ دەستی پێ کردو دە رۆژی خایاند، چەندین چالاکیی هونەریی هەمەڕەنگ پێشکەش کران.

-لە ٢١-٢٤ی ئازار تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لەسەر شانۆی سینەمای سەقز ئاهەنگێکی سرودو گۆرانیی سیاسی و مۆسیقای پێشکەش کرد. گرنگترین کاری هونەریی ئەم ئاهەنگە «کۆراڵی داستانی هەڵەبجە» بوو کە بە دابەش کردنێکی کۆراڵیی سەرکەوتوو پێشکەش کرا.

-لە ٢١-٢٥ی ئازار پیشانگای فۆتۆگرافیی هونەرمەند عەباس عەبدولڕەزاق کرایەوە. وێنەکانی ئەم پیشانگایە بە زمانی کامیرا لە کارەساتی هەڵەبجە دەدوان.

-لە ٢١-٢٥ی ئازار دوو فیلمی بەڵگەنامەیی بە ناوی «مێژوی کوردستان» و «بیرەوەرییەکان» لە وێنەگرتن و دەرهێنانی هونەرمەند عەباس عەبدولڕەزاق پێشکەش کران. هەردوو فلیمەکە لە کارەساتەکانی کوردستان و شۆڕش و بەرگری کردنی گەلەکەی دەدوان.

-لە ٢١-٢٥ی ئازار لە کاری هونەرمەند عەباس عەبدولڕەزاق ٥٨سلایدی داستانئامێز پیشان دران. لەم کارە هونەرییەدا لە پاڵ وێنەگرتنی فۆتۆگرافیدا کارێکی تری هونەریی ئاوێتە کردبوو کە بریتی بوو لە گێڕانەوەی داستانێکی تراژیدی لە لایەن ماڵێکەوە. ئەم داستان گێڕانەوەیە لەگەڵ بابەتی سلایدەکاندا هاوئاهەنگێکی سەرکەوتووانەی وای دروست کردبوو دەکرێ بە سەرەتای ئەزمونێکی هونەری دایبنێین و ناوی بنێین «پیشانگای گێڕانەوەیی سلاید».

-لە ٢٦ی ئازارو رۆژانی دواییدا پیشانگایەکی تایبەت بە کاریکاتێر بۆ هونەرمەند عەبدوڵڵا عەلی

ڕەشید ناسراو بە کاکە عەبە کرایەوە. لەم پیشانگایەدا ٤٩ کاری کاریکاتێر پیشان دران کە هەموویان لە کارەساتی هەڵەبجەو دڕندەیی ڕژێمی عیراق دەدوان.

هاوکات لەگەڵ ئەم فیستیڤاڵەدا یەکێتیی ژنانی کوردستان پیشانگایەکی تایبەتی کردەوە.

دەبێ بوترێ کە خەڵکێکی زۆر لە پەنابەرو پێشمەرگەو دانیشتوانی سەقزو دەوروبەری لەو فیستیڤاڵە سەرکەوتووە دیدەنییان کرد.

شایانی باسە کە کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە ماوەی حەوت ساڵی تەمەنیدا، چ لە ناوچە ئازادکراوەکان و چ لە دیوی ئێراندا چالاکیی هونەریی دەوڵەمەند و بەپێز و شۆڕشگێڕانەی ئەنجام داوە.

-بە بۆنەی نەورۆزو ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەوە، لە هۆڵی پوریای شاری بانە پیشانگایەکی هونەری تەشکیلی (شێوەکار) بۆ هونەرمەند بەختیار ژینۆ کرایەوە.

لەم پیشانگایەدا ١٥ کاری هونەری پیشان دران کە هەموویان لە کارەساتی هەڵەبجەو فاشییەتی ڕژێم دەدوان.

سەرچاوە: ڕێبازی نوێ، ژمارە ٤، نیسانی ١٩٩٠، ل ٦.

# ئیندێکس

## ئـ


ئاراس ئیبراهیم محەمەد ١٣، ٢٨٨، ٤٧٧، ٦٣٩
ئارام ئەحمەد محەمەد ١٤، ٤٧٨
ئارام عەلی عەزیز ٢٤٨، ٦٤٦
ئارێز عەبدوڵڵا ئەحمەد ١٥، ٨٩، ٥٣٧، ٥٤١، ٩٤٨، ١١١٨
ئازاد جندیانی١٦٩، ١٩١،١٧٦، ٢٤٨ ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٩١، ٤٩٣، ٥٤١، ٥٩٤، ٥٩٥، ٩٠١، ٩٠٥، ٩٤٣، ٩٦٥، ١١٠٦، ١١١٨، ١١٤٧، ١١٦٣، ١١٨٦، ١٢٥٨
ئازاد جەلال ٤٧٨، ٦٨١
ئازاد چالاك ١٩، ٢٥٤، ٢٨٨، ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٩٣، ٦٤٥، ٨٥٠، ١١١٥
ئازاد حسێن چوارتایی ٥٥٤
ئازاد حەمە گەمحان ١٧، ١١٧
ئازاد خانەقینی ٤، ١٣، ١٨، ٢٨٨، ٤٧٨، ٥٧٣، ١١٩٦
ئازاد داربەسەری ١١٩
ئازاد سدیق ٥٤١، ١٠٠٦، ١١٨٦
ئازاد هەورامی ٢١، ٣٩، ٤١، ٦٨، ٧٣، ١٢١، ١٢٢، ١٣٢، ١٣٣، ٢٠٦، ٢٢٠، ٣١٥، ٣٨٩، ٤٠٩، ٤٦٤، ٥٢٠، ٥٥٤، ٦٥٨، ٧٥٤، ٧٨٣، ٨٠٦، ٨٧٨، ٩١٥، ٩٢٢، ٩٢٤، ٩٢٧، ١٠٦٠، ١١٢٠، ١١٤٣، ١١٤٤
ئازادی (كۆمیتە) ٤٩٠
ئاسۆس (گۆڤار) ٢٥، ١٥٦
ئاسۆ شێخ نوری ٢٦، ٧٧، ٩١، ٢٣٧، ٥٦٤، ٧٧٦، ٩١٦
ئاسۆ عەلی ٧٧٧، ٩٤٢، ٩٤٤، ٩٤٥، ١١١٣
ئاسۆ مامەند ئیسماعیل ٢٧، ١٦٦، ٩٤٣
ئاسۆی دەلاك ٢٨، ٣٣٩
ئاكۆ غەریب ٣٧، ٥٤٢
ئاكۆ شوانی ٥٤٠
ئاكۆ وەهبی ٦٤٥
ئاگر (كۆمیتە) ٣٩، ٦٩، ٣١٤، ٢٧٧، ٣٨٦، ٦٦١، ٨٤٠، ١٠٦٠، ١١٠٩، ١٢١٠
ئاڵا تاڵەبانی ٤٢، ٨٧، ٨٩
ئاڵای سور (رۆژنامە) ٤٤، ٣٨٦، ٦٧١، ٦٧٢، ٨١٧
ئاڵای شۆڕش (رێكخراو) ٤٢،٤٥، ٤٦، ٥٧، ٥٨، ١٢٠، ١٢٨، ١٨١، ٢٢١، ٢٦٩، ٣٥٥، ٣٧١، ٣٨٩، ٣٩٠، ٥٥٩، ٧٩١، ٨٠٠، ٨٣٤، ٩٢٩، ١١٠٢، ١١٦٤
ئاڵای شۆڕش (رۆژنامە) ٤٤، ٣٦٤، ١٠٣٩، ١١٤٣
ئاوات عەبدولغەفور ٣١، ٤٧، ٧٣، ٧٧، ٩١، ٢٤٦، ٢٩٥، ٨١٦، ٩١٦

ئاوات قارەمانی ٣، ٤٩، ١٠٢، ٢٥١، ٣٥٦، ٤٣١، ٦٤١، ٦٦٩، ٧٠٧، ١١١٩، ١٠٤٤
ئەبوبەکر حسین ئەحمەد ٤٤، ٥٥، ٥٧٣، ١٢٠٣، ١٢٠٤
ئەبوبەکر خۆشناو٤٦، ٥٦، ١٤١، ٢٤١، ٢٤٤، ٢٤٧، ٢٥٠، ٥٣٩، ٥٤١، ١١٠٧،١٠٠٦، ١١١٨، ١٢٠٨، ١٢٥٧، ١٢٥٨
ئەبوبەکر عوسمان ٥٨، ٩١
ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر ٥٩، ٣٨٢، ٤٨٨
ئەبوبەکر محەمەد قادر ٨٨، ٨٩، ٩١
ئەبوبەکر نوری قادر ٥٩
ئەحمەد بامەڕنی ٦٠، ١٩٧، ٤٧٨، ٥٤١، ٦٣١، ٩٧٥، ١٠٣٥، ١١٣٢
ئەحمەد توفیق مەعروف ٦٢، ٢٧٢
ئەحمەد جەمیل هیرانی ٦٣، ١١٧
ئەحمەد عارف ٦٤، ٢٥٣، ٢٥٤، ٦٤٨، ٧٤٤، ٩٩٤، ٩٩٥
ئەحمەد عالی باوەکر باس ٦٣، ٤٨٨
ئەحمەد عەسکەری ٥٥، ٩١
ئەحمەد فەتحوڵڵا ١٨١، ٣٩٩، ٨٧٧، ١١٤٥، ١١٤٦
ئەحمەد فەقێ رەش ١١، ١١٤٥، ١١٤٦
ئەحمەد قادر مەحمود ٦٦
ئەحمەد قەمبەری ٦٧، ٤٧٠، ٦٦٢، ٧٩٨، ٨٠٧
ئەحمەد کرێکار ٣٩، ٤٠، ٤١، ٦٨، ٣٥٤، ٣٨٦، ٧٣٢، ٩٢٠، ٩٢٢
ئەحمەد کوردە ٦٩، ١١٩
ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین ٧٠، ٤٢٩، ٦٨٠
ئەحمەد مەولود ٧٠، ١٤٩، ٢٩٠، ٨٦٩
ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد ٧١
ئەحمەد وەهاب ٣٤٠
ئەحمەد هێرۆیی ٩٩٣
ئەرسەلان بایز ٣١، ٤٧، ٧٢، ١١٤، ١٤١، ١٧٥، ٢٢٨، ٢٤٨، ٢٤٩، ٣٣٥، ٤٦٩، ٤٧٥، ٤٧٧، ٤٩٣، ٥٢٧، ٥٣٦، ٥٣٧، ٥٣٩، ٥٤١، ٥٩٤، ٥٩٥، ٦٨٨، ٨٩٥، ٩٠١، ٩٠٣، ٩٢٤، ٩٤٤، ٩٤٧، ٩٧٤، ١١١٢، ١١١٤، ١١١٥
ئەرکی نوێ (رۆژنامە) ٧٤، ٥٤٤
ئەستێرە (گۆڤار) ٧٦، ٣٠٥
ئەستێرەی سور (کۆمیتە) ٢٦، ٧٦، ١٠٢، ٧٠٠، ٧٧٥، ٩١٦
ئەشرەف شەرەف تاڵەبانی ٧٨، ٢١٠
ئەکرەم عەزیز حەسەن ٨١
ئەکرەم قەرەداغی ١١٥
ئەمین قادر مینە ٤٦٤
ئەنجومەنی ئاواییەکان ٨٥، ٣٢٥
ئەنجومەنی ناوەند ٢٧، ٤٨، ٨٦، ١٨٢، ٣٤٥، ٥٢٧، ٦٠٨، ٧٠٠، ٧٩٧، ٨٠٠، ٨٠٤، ٨١١
ئەنکەرە (رێککەوتننامە) ٩٤، ١٠١، ٣٦٢، ١٠١٣
ئەنوەر بارۆیی ٤٢٧
ئەنوەر حەسەن ١٠١، ٣٥٦، ٣٦٧، ٦٤١، ٨٣٩، ٨٤٣
ئەنوەر زۆراب ٢٦، ٧٧، ١٠٢، ٣٠٤، ٧٠٠، ٧٠١، ٧٠٢، ٧٧٦
ئەنوەر دۆڵانی ٧٦
ئەنوەر قەرەداغی ١٠٣، ١١٤، ١١٠٨
ئەنوەر مەجید سوڵتان ١٠٤، ١٣٣، ٨٢٥، ١١٩٣
ئەیوب یوسف سەعید ٣٥، ٣٦
ئیتتیحاد (رۆژنامە) ٨٤، ١٠٨، ١٩٠، ٧٤٠، ٩٠١، ٩٩١، ١٠٨٤
ئیحسان نەجم محێدین ٣٩، ٧٣، ٧٧، ٧٠٧، ٧٧٦، ٩٢٢، ٩٢٤، ١٠٧٥
ئیسماعیل بەرزنجی ١١٥، ٢٤٣، ٢٤٤، ٩٠٢
ئیسماعیل تەها ئەمین ٤٥٥

ئیشراقات کوردیە (گۆڤار) ١١٦، ٨٥٠
ئیکرام عەلی ئەحمەد ٨٩

## ب

بابەکر درەیی ٢٥، ٢٦، ١٢٠، ١٤٢
باست حەمە غەریب ٤٧٦، ٤٧٨، ٤٩٣
بایەزید حەسەن ١٠٠٥
برایم جەلال ٨٩، ٩١، ١٤١، ٦٨٤، ٧٠٧، ٨٩٤، ٨٩٨، ٩٢٢، ١١٢٠
برایم حاجی کوێخا ١١٧، ١٢٤، ١٢٥، ١٤٢، ٨٥٢
برایم حسێن شەریف ١٤٢
برایم حسێن عەبدوڵڵا ٩١، ١٤٣، ٢٥٢، ٤٢٣، ٤٢٤، ٤٧٨، ١٢٤٩
برایم عەزۆ ١٤٥، ٣٠٥، ٣١٦، ٣١٧، ٤٠٢، ٥٨٦، ٨١٤، ١١٤٨، ١١٥٧
برایم عەزۆ (چاپخانە) ٥٥، ٥٦، ١٤٠، ١٦١، ٣١٥، ٤٠٨، ٤٦٣، ٥٢٠، ٥٦١، ٦٢٥، ٦٣٣، ٦٤٦، ٦٧٢، ٧٣١، ٨٧٣، ٩٧٤، ٩٩٤، ٩٩٥، ١٠٩٨
بروسك (ڕێکخراو) ١٥٠، ٨٠٧، ١٠٣٧، ١٠٨٠
بڵێسە جەبار فەرمان ١٥٥، ٩٤٨، ١٢٠٤
بوار نورەددین ٢١٩
بورهان سەعید سۆفی ١٥٨، ١٦٧، ٣٠٦، ٤٣١، ٤٨٢، ٩٤٣، ١١٦٠
بورهان قانع ١٥٩، ٢٠٦، ٣٠٥، ٤٦٣
بورهان مستەفا ١٤٠، ١٦٢، ٧٧٧، ١١١٣، ١١١٤، ١٢٠٨
بەختیار خالید ١٦٥، ٨٠٨، ٨٧٣
بەختیار شاوەیس ٨٨، ٩١، ١٦٤، ٥٣٩، ٥٤١
بەختیار کاوانی ٣٥، ٣٦
بەختیار محەمەد شەریف ١٦٥، ٦٥٢، ٩٧٤، ١١١٤
بەختیار مەلا عیززەت ٢٣٥، ٢٣٦، ٤٦٣
بەدەل محەمەد ساڵح ١٠٢٠
بەرزان ئەحمەد کوردە ١٦٧، ٩٤٨
بەرزان عوسمان ٤٧٦، ٤٧٨
بەرزان فەرەج ١٦٨، ٥٩٤، ١٠٠٥، ١١٠٧
بەرزان محەمەد قادر ١٧٠
بەرهەم ساڵح ١٧٢، ٢١١، ٢٢٤، ٢٥٣، ٤٣٣، ٤٣٦، ٤٩٨، ٥٧٥، ٦٨٠، ٨١٢، ٩٤٢، ٩٤٧، ١١٦٩
بەرەی کوردستانی ٧٣، ١١١، ١٧١، ١٧٤، ٢٢٧، ٢٩٣، ٣١٠، ٣٥٨، ٣٧١، ٥١٥، ٧٣٢، ٨٠٢، ٨١١، ٨١٨، ٨٣٤، ٩١٣، ١٠٥٥، ١٠٦٧، ١٢٤٩
بەرەی کوردستانی (ڕۆژنامە) ١٦، ٧٣، ٨٣، ١٧٥، ٧٧٦، ٨٢٠، ١١٨٦
بەشار ئیسماعیل ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٩٣
بەکر ئەحمەد یەعقوب ١٧٩، ٤٨٨
بەکر حاجی سەفەر ٨٨، ٨٩، ٩١، ١٨٠، ٥٢٢، ٦٦٨، ٧٠٧، ٩٢٩، ١١١٩، ١٠٤٤
بەکر خوردەلوکی ١٨٢، ٢٩٠، ٣٦٨، ٦١٢
بەکر عەلی قادر ١٠١٧
بەکر فەتاح ١٨٣، ٢٦٧، ٤٨٨
بەکر مستەفا سەعید ١٨٥، ٤٣١، ٤٦٩، ٤٨٠، ٦٣٢، ١١٢٠
بەندەر عەلی ئەکبەر ١٨٨، ٤٠٦
بەهادین ئەحمەد حەسەن ١٩٠، ٢٥١، ٤٣١، ٦٣٩، ١٠٤٤، ١١٤٥
بەهرۆز قەشقە ١١١٧
بەهرۆز گەلاڵی ١٩٢، ٢٦٧، ٢٦٨
بەیان حەسەن ئەحمەد ٤٧٨
بێستون باڕۆیی ١٩٨، ٦٧٨
بێستون برایم سەعید ٢٩
بێستون سابوراوایی ١٩٧، ١٩٩، ٢٨١، ٤٨٨، ٥٣٧، ٥٤١، ٥٤٤، ٩٢٣

بێستون مەحمود عەسکەری ٣٩
بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی ٨٩، ٢٠٣

## پ

پاریس (ڕێککەوتننامە) ٢١٠، ١١٥٩
پشکۆ عەبدولخالق ٤٧٦
پشکۆ ناکام ٤٧٤، ٤٧٧، ١١١٣
پشکۆ نەجمەددین ٤٥، ٤٦، ٢٢٠، ٢٣٣، ٤٦٤، ٤٨٨، ٨٧٨، ٩٢٧، ٩١٥، ٩١٦
پەخشان جەلال حەفید ٨٩، ٩١، ٢٣٠، ١٢٤٠
پەروین بابەکر حەمە ئاغا ٢٣١، ٩٤٨
پەروین کاکە حەمە ٢٣٢، ٩٤٨، ١٠١٤، ١٠٣٢
پەکەکە ٤٨٥، ٤٨٦، ١١٧٠، ١١٧٢
پەیامی مرۆڤایەتی (گۆڤار) ٢٣٥، ٣٣٠، ٣٥٠، ٧٤٧، ١٠٤٦، ١١١٨
پەیامی نوێ (ڕۆژنامە) ٢٣٦، ٣٨٤، ٨٩١، ١٠٢٨
پەیڤین (گۆڤار) ٢٤٢، ٧٩٥
پەیمان عیززەددین ٢٨٢، ٤٧٣، ٥٧١، ٥٧٢
پێروو (گۆڤار) ٥٦، ٢٥٠، ١١٩٥، ١٢٥٧
پێشڕەو ئەحمەد ٢٣٥، ٢٤٤
پێشڕەو برایم سەعید ١٢٦، ٢٥٢، ٢٧٢، ٤٢٣، ٤٩٧، ١٠٥١
پێشەوا تاڵەبانی ٢٢٩، ٢٤٦، ٢٥٦، ٢٧٢، ٤٢٥، ٤٩٧، ٥٣٧، ٥٣٩، ٥٤١، ٨٩٤، ٩١٢، ٩٢٨، ١١١٨، ١٢٤٢

## ت

تالب بەرزنجی ٤٢
تالب ڕۆستەم ١٣٣، ٢١٩، ٨٣٧، ١١٤٣، ١١٩٧، ١٢١٢
تالب غولام زەنگەنە ٤٢
تالب نوری مۆریاسی ٧٥
تاهیر عوسمان قادر ٢٦٨، ١٠٤٤، ١١٤٥
تاهیر عەلی والی ١٣٣، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣، ١٨١، ٢٦٩، ٢٩٢، ٥١٤، ٥٣٢، ٥٦٣، ٧٣٧، ٧٨٥، ١١٤٣، ١١٤٥
تەحسین قادر ١٠٣٢
تەحسین کاوانی ٦٧، ١٢٧، ١٦٦، ٢٧٦، ٤٣١، ٤٨١، ٥٨٣، ٦٠٥، ٨١٥، ٩١٠، ١٠١٧
تەحسین نامیق ٢٧٧، ١١١٢، ١١١٣، ١١٤٢
تەلار لەتیف ٨٩
تەلعەت گلی ٤١٣، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٦
تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ١٣، ١٤، ٣٧٧، ٢٨٧، ٤٤٥، ٦٧٦، ١١٩١
تێگەیشتنی ڕاستی (گۆڤار) ٢٨٩، ٣٧٢، ٨٢٦، ١٠٨٠

## ج

جمهور مستەفا ٧٧٩
جوامێر سایەمیر ٨٠٦، ١١٧٨، ١٢٠٢
جوامێر عەبدولقادر براخاس ٦١٣
جوان ئیحسان ٨٧، ٨٩، ٩٤٨
جود (بەرە) ١٢٩، ١٤٣، ١٧١، ١٨٦، ٢٩٢، ٣٥٨، ٤٧٤، ٥١٤، ٦٥٥، ٨٦٩، ١١٥٧، ١٢١٢
جەبار حاجی ڕەشید ١٣٠، ٢٩٣، ٤١١، ٦٧٠، ٦٩٣
جەبار فەتاح ٢٩٤
جەبار فەرمان ٤٧، ٧٥، ٢٣٧، ٢٥٥، ٢٩٥، ٣٠٣، ٤٨٨، ٥١٦، ٧٢٦، ٨٥٠، ٨٥٥، ٨٩٠، ٩٢٧، ٩٣٠، ٩٤٣، ١٠١٢، ١١١٩، ١١٦٣، ١٢٤٩
جەبار محەمەد قادر ٢٩٧

جەبار یاوەر ٢٩٧، ٦٢٤، ٨٥٠
جەزا عەبدولواحید ١٤٠، ٢٩٩، ٤٦٤، ١١١٣، ١٢٠٨
جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد ٣٠٠، ٤٦٦، ٦٥٣
جەعفەر شەفیعی ٣٠١، ٩١٥
جەعفەر شێخ مستەفا ٣٠٢، ٣٤٠، ٤٣١، ٤٧٠، ٥٤٣، ٥٦٩، ٨٥٠، ٩٤٧، ١١١٩
جەعفەر عەبدولواحید ٢٦، ٣١، ٤٧، ٧٣، ٧٦، ٧٧، ١٠١، ٣٠٤، ٤٢٧، ٧٠٠، ٧٠١، ٧٠٢، ٧٧٦، ٨١٦، ١١٥٠
جەعفەر عەبدولواحید (چاپخانە) ٧٦، ٢٥٣، ٣٠٥، ٣٦٤، ٤٠٨، ٤٦٣، ٤٩١، ٥٩٢
جەلال ئیلنجاغی ١١٨، ٣٠٦، ٤٧١، ٤٨٢
جەلال بەرزنجی ٥٣٧، ٥٣٩، ٥٤١، ١١١٨
جەلال تاڵەبانی ١٦، ٢٠، ٣٧، ٥٠، ٦١، ٧٥، ٨٧، ١٠٣، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١٢٦، ١٢٨، ١٣٢، ١٣٤، ١٤٣، ١٧٤، ١٩٦، ٢٠٥، ٢٠٨، ٢١٢، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٤٩، ٢٦٠، ٢٦١، ٢٧٢، ٢٩٦، ٣٠٥، ٣٠٧، ٣٥٨، ٣٧٢، ٣٨٢، ٣٨٦، ٤٠٢، ٤١٥، ٤٢٥، ٤٥٨، ٤٥٩، ٤٦٥، ٤٨٠، ٤٨٤، ٤٨٥، ٥٠٤، ٥١٥، ٥٣٦، ٥٤٧، ٥٦٧، ٥٧٤، ٥٨٦، ٥٩٩، ٦٢٧، ٦٤١، ٦٥٤، ٦٨٤، ٦٨٧، ٦٨٨، ٧٠٠، ٧٠٥، ٧٠٧، ٧١٥، ٧١٦، ٧٣٠، ٧٣١، ٧٣٣، ٧٣٧، ٧٥٠، ٧٥٣، ٧٧٠، ٧٨٠، ٧٨٥، ٨١١، ٨١٨، ٨٢٨، ٨٣٣، ٨٣٧، ٨٧٨، ٩١٤، ٩٤١، ٩٤٢، ٩٤٧، ٩٥٢، ٩٦٨، ٩٧٩، ١٠٤١، ١٠٦٢، ١٠٩٣، ١١٠٨، ١٠٤٤، ١١٤٨، ١١٥٥، ١١٦٦، ١١٧٨، ١٢١٢، ١٢١٥، ١٢١٦، ١٢٢١، ١٢٤٢
جەلال جەوهەر ٣٧٥، ٩٤٣، ٩٤٥، ٩٩٨، ٩٩٩
جەلال حەمەی حمە ٢٥١
جەلال عوسمان ٥٣٥
جەلال کوێخا عەبدوڵڵا ٦٦٨
جەلال کەریم عیسا ١٠٦، ٣١٢
جەلال مستەفا ١٩٢
جەلیل حەمە موراد ٣١٤، ٤٦٥، ٤٧٦، ٤٨٧، ٦٣٩، ١١١٥
جەلیل سادق خورشید ٢٦٤، ٣١٥، ٣٤٧
جەمال بەهادین محێدین ٣١٧، ٣٧٥، ١٠١٨
جەمال تاهیر ٣٩، ٣١٨، ٦٢٧، ٩٢٠، ٩٢١، ٩٢٧، ١٠٦٩، ١٢٥٠
جەمال حاجی محەمەد ٩٩٩
جەمال حسێن ١٩٧، ٢٢٢، ٣٣٨، ٥٤١، ١١٠٦، ١١٠٧
جەمال حەکیم ئاغا ٨٧، ٨٩، ١٥١، ١٥٣، ٢٧٠، ٧٣٧، ٩٤١، ١٠٢٦، ١١٣٥
جەمال عەبدول ٢٤٣، ٣٢٢، ٥٥٦، ٧٦٠، ١١٠٣
جەمال عەلی باپیر ٣٢٣، ٦٤١، ٦٦٨، ٦٩٠، ١٠٧٢
جەمال عەلی مارف ٣٢٤
جەمال محێدین ٤٧٨
جەمال نوری ٩٢٠
جەمال هەروتی ١٠٠٤
جەمالەددین محەمەد ئەمین ٣٢٥
جەمال یوسف ٢٢٤، ٣٢٦، ٤٧٦، ٩٤٣، ٩٤٥
جەمیل ئەحمەد ساڵح ٢٩، ٤٨٨
جەمیل ئەحمەد مەحمود ٣٢٧
جەمیل رەنجبەر ٢٥٠، ٣٢٨، ٤٦٩، ٥٩٣، ١٢٥٧
جەمیل هەورامی ٨٩، ٦٨٤، ٨٥٠، ٩٤٨
جەمیلە مەحمود کەریم ٢٣٥، ٢٣٦، ٣٣٠، ٤٧٣، ٩٧٥، ١٠٣٢، ١٠٣٣، ١١١٨
جەنگی فەقیانی ٣٣١، ٤٨١
جەواد بێدەری ٣٣١، ٧١٠، ٧١١، ١١٩٧
جەودەت دوبزی ٣٣٣، ٦٠٢
جەوقەد (بەرە) ١٧٨، ٢٩٢، ٣٣٤، ٤٧٨، ٧٣٠

جەوهەر کرمانج ١٢٧، ١٤١، ١٧٦، ٢٨١، ٣٣٥، ٤٧٨، ٤٩٧، ٥٢٧، ٥٩١، ٦٣٩، ٩٠١، ٩٧٤، ١١٣٨، ١٢٥٧
جەوهەر لەتیف محەمەد ٣٣٥، ١٠١٧
جیهانی روناکبیری (گۆڤار) ٣٣٦، ٥٦٠، ٥٩٣، ١١٤١

## چ

چاودێر (رۆژنامە) ٣٣٧، ٣٩٠
چەتۆ حەوێزی ٨٩، ٣٤٣، ٦٢٤، ٨٤٨، ٨٥٠، ٩٤٢، ٩٧٥، ١١٢٠، ١١٨٥، ١١٨٨، ١٢٤٣
چەتۆ ساڵح سەعید ١٠٦، ٣٤٢
چیا قادر کەریم ٣٥٠، ٤٧٨، ٤٩٣
چێنەر عەلی جۆلا ٨٨، ٩١، ٢٣٥، ٢٣٦، ٣٥٠، ٤٧٢، ١١٤٢

## ح

حاجی حاجی برایم ١٢٤، ١٥٢، ١٥٣، ٢١٩، ٥١٤، ٦٦٨، ١١٤٣
حاجی مەسیفی ١٦٦
حاجی مەمۆ ٤٥، ٨٩، ٢٥٠، ٣٠٥، ٣٥٤، ٤١٠، ٤٩١، ٧٦٩، ٩١٥، ١١٢٠، ١٢٥٠
حازم یوسفی ٦٣١، ٦٣٢، ٨٥٠
حامد حاجی غالی ١٠٢، ٣٥٥، ٤٣١، ٧٨٢، ٧٨٣، ٨٥٠، ٩٢٣، ١١٠١، ١١١٩
حسێن بابە شیخ ١٣٣، ٣٥٨ ،٣٩٥، ٧٨٦، ١١٤٣، ١١٩٦، ١٢١٧، ١٢٤٦
حسێن بەفرین ٤٧٨
حسێن حاجی حەسەن ٣٦٠، ٧٧٧، ٨٥٦، ٨٦٩، ٨٧٠
حسێن سنجاری ٩٠١، ١١١٣
حسێن عارف ٧٠٥، ١١١٧
حسێن عەبدوڵڵا بندایزانی ٣٦٢، ٤٣١
حسێن کەریم قادر ١٠٣، ١٨٧، ٢٣٣، ٣٠٥، ٣٦٣، ٥٩٦، ٨٢٥، ٨٥٠
حسێن مەولود ئەحمەد ٣٦٥، ٥٧٤، ١٢٥٧
حەسەن ئەنوەر حەسەن ٣٦٧، ٤٦٩، ٤٨٨، ٧١٦
حەسەن حەمید ٧٦، ٣٠٢، ٣٠٣، ٤٣١، ٥٦٩، ٧٣٢، ٨٣٥، ٨٥٠، ٨٥٦، ١١١٩
حەسەن حەیدەر ٥٧٤، ٦١٢، ٦١٣
حەسەن خۆشناو ٣٣٢
حەسەن کوێخا رەسول ٣٦٩
حەسەن کوێستانی ٦٦، ٣٥٢، ٣٦٩، ٥٨١، ٦٣١، ٨٤٨، ٨٥٠، ٩٠٧، ٩٠٩، ٩٣٠، ١٠٢١، ١٢٢٣
حەسەن یاسین ١٩٨، ٢٤٨، ٢٨٩، ٣٧١، ٦٤٤، ٩٧٥، ١١٠٧، ١١١٣، ١١٤١
حەمە جەزا عەلی ٢٨٨، ٣٧٧، ٦٣٩
حەمە حەمە رەسول ٣٧٧
حەمە ڕەش کەسنەزانی ٣٧٨، ٧٠٦، ٨٣٥، ٩٢٣، ٩٧٧، ١١٧٥
حەمە سەعید حەمە ئەمین ٣٥٥
حەمە عەلی خان ٦٨١
حەمە کەریم عارف ١٤١، ٧٤٤، ٩٧٤، ٩٩٤، ١٢٥٨
حەمەی حەمە سەعید ٢٣٣
حەمەی میرزا سەعید ٧٧، ٨١٦، ٩١٦
حەمید ئەبوبکر ٢٣٧، ٣٨٣
حەمید بڵباس ٢٧٩، ١٢٤٩
حەمید عەزیز ١١٠٧، ١١٤٢
حەمید کەریم شانە ٤٦٩
حەمید کەریم کەرکوکی ١٠٤٧
حەمید محەمەد کاکەمەند ٤٠، ٣٨٦، ٩٢٢

حەیدەر جوکل ٧١
حیکمەت نیعمەت عەلی ٣٩١

## خ

خالید بەکر ئەیوب ١١٠، ١٠٠٦
خالید دۆسکی ١٩٢، ٣٩٢، ٤٧٨، ١١١٤
خالید رەزا ٨٨٩، ١١٢٤
خالید سابیر عوسمان ٣٩٣، ١٠٧١
خالید سەعید ١١٥، ١٣٣، ١٥١، ١٥٣، ١٨١، ٢٧٠، ٣٠٠، ٣٥٥، ٣٥٩، ٣٦١، ٣٨٥، ٣٨٧، ٣٩٤، ٥١٤، ٥٣٢، ٦١٦، ٦٣٦، ٦٥٣، ٧١٣، ٧٣٧، ٧٨٥، ٧٩٦، ٨٣٤، ٨٨٥، ١١٤٣
خالید شوانی ٣٩٥، ٩٨٤
خالید عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا ٢٥٢، ٣٩٦
خالید فەقێ محەمەد رەسول ١٢١١
خالید گەرمیانی ٣٩٧
خالید هەرکی ٣٩٧، ٩٠٩
خانەی موعینی ٣٩٩، ٨٧٧
خدر عومەر سور ٤٨٨
خدر مەعسوم ٢٢٩، ٢٧٢، ٣٨٨، ٤٠٢، ٤٩٧، ٧٤١، ٨٩٤، ٩١٢، ٩٢٨، ٩٧٩، ١٢٤٢
خولە عەزیز فەرحان ١١٧، ٤٠٤، ٦٠٧، ٦٦٢
خوێنی شەهیدان (رێکخراو) ١٨٩، ٤٠٦، ٨٠٦، ١٢٠٢
خەباتی مامۆستا (گۆڤار) ٤٠٧، ٧٤٩، ١٢٥١
خەسرەو خاڵ ٢٢٠، ٤٠٨، ٤٦٤، ٨٧٨، ٩١٥، ٩٢٩
خەسرەو شێرە ٤٠٩، ٥٤١، ٩٤٣
خەسرەو گوڵ محەمەد مەلك ٤١٠، ٩٤٣
خەلیل دهۆکی ٤٧٨، ٥٩١، ١١٣٩، ١٢٠٢
خەلیل عوسمان ٥٣٥
خەلیل عەبدوڵڵا ئەحمەد ٢٥، ٤١٤، ٤٧٢، ١١٤٢، ١٢٠٠
خەلیل نیعمەت دۆسکی ٤١٥، ٨٥٠، ٩٤٣، ١٠١٢
خەمینە ساڵح ٩١، ٤١١، ١١١٨، ١٢٤٠
خەنادق (گۆڤار) ٢٠، ٤١٦
خەیری شنگالی ١٠٨٩

## د

دارا تۆفیق ئاغا ٨٤٨
دارا حاجی برایمی چەرمەگا ٢٧٢، ٢٧٣
دارا حەفید ٨٩، ٩١، ١٢٤، ١٢٥، ٢٣٠، ٢٦٠، ٢٦٦، ٢٧٢، ٤٢٤، ٤٣١، ١١١٩، ١٢٤٩
دارا سەعدی ١٤٠، ٤٢٦
دارۆ شێخ نوری ١٧٣، ٢١١، ٤٢٧، ٤٩٨، ٦٩٩، ١١٥٠
دانا ئەحمەد مەجید ١٠٢، ١٩٥، ٢٦٧، ٢٦٨، ٣٥٦، ٤٣١، ٤٨٨، ٦١٣
دانا سەعید سۆفی ٥٩٤، ٥٩٥، ١٢٥٨
دلاوەر ئەحمەد مەجید ٤٣٦، ٥٥٤، ١٢٣٢
دڵشاد عەبدولرەحمان ٢٣٥، ٤٤٠، ٥٤١
دڵشاد عەبدوڵڵا ١١٤، ١١٥، ٤٤١، ٤٧٨، ٥٩٤، ٥٩٥، ٩٠٢، ٩٠٣
دڵشاد مەریوانی ١٠٣، ٤٤٢، ٩٧٢
دلێر ئەحمەد شوکری ٣٩، ٣٥٤، ٤٤٤، ٧٣٤، ٩٢٠، ٩٣٠، ١١١٩
دلێر ئیبراهیم ١٣، ٢٨٨، ٤٤٥، ٦٣٩، ١١٩١، ١٢٥٩
دلێر جاف ٤٤٦، ٩٩٦
دلێر سەید مەجید ٢٦٥، ٧٠٧، ٩٢٩، ٩٤٥، ١٠٩٣، ١٠٤٤
دەنگی گەلی کوردستان (ئێزگە) ١٣، ١٤، ١٥، ١٩، ٢٠، ٦١، ١٠٦، ١٤٤، ١٧٩، ١٩٤، ٢١٧، ٢٥٢، ٣٢٦، ٣٥٠، ٤١٣، ٤٧٤، ٤٧٨، ٤٩٣، ٥٢٦، ٥٥٥،

٦٢٥، ٦٦٧، ٦٧٦، ٦٨٦، ٧٠٥، ٧٠٦، ٧٣٩، ٧٤٩، ٧٥٢، ٧٥٨، ٧٦٨، ٨١٢، ٨١٤، ٨٢٣، ٨٤٩، ٨٨٢، ٩٧٧، ٩٩٤، ١٠٩٦، ١١٠٨، ١١٥٧، ١١٩٦، ١٢٢٢، ١٢٢٦


ر

ڕاپەڕین (کۆمیتە) ٣٢٧، ٣٦٩، ٤٨٩، ٦٩١، ٩٣٧، ١٢٤٨
رزگار جەلال قەساب ٨٤٠، ٨٤٤
رزگار عەلی حەمە جان ٤٩٣، ٩٤٣، ٩٤٥، ٩٤٨
رزگاری (رۆژنامە) ١٥٧، ٢٠٨، ٤٩٦، ٥٣٣، ٨٠٥
ڕەئوف ئاکرەیی ٥٠٣، ٦٧٥، ٩١٣، ١٢٣١
ڕەئوف بێگەرد ٩٩٤
ڕەحمان سەیدە ١٢٤، ٥٠٦، ٨٥٠، ٩٠٨، ٩٠٩، ١١٦٢، ١١٧٦
ڕوانگەی جیهان (گۆڤار) ١٧٣، ٤٢٨، ٤٩٨، ٨٢١
ڕۆستەم حاجی برایم ٣٤٠
ڕۆستەم حەبیب گوڵەخانەیی ٣٥٥
ڕوناک فەرەج ڕەحیم ٥٧١
ڕەسول حاجی کوێخا ١٢٤، ١٢٥، ١٤٢
ڕەسول عومەر ئەحمەد ١٠٦
ڕەسول عومەر لەتیف ٥١٢
ڕەسول مامەند ٢٥، ١٣٣، ١٥٢، ١٥٣، ١٧٤، ١٩٣، ٢٧٠، ٢٧١، ٢٩٢، ٣٥٧، ٥١٣، ٦٣٦، ٧٣٣، ٧٣٧، ٧٦٠، ٨٧٥، ١١٤٣، ١١٤٥، ١١٩٩
ڕەسول مەولود ٥٠٧
ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود ٤، ١٢٧، ١٦٦، ١٩٥، ٣٩٤، ٤٣١، ٤٧٠، ٤٨١، ٤٨٩، ٥١٧، ٦٠٢، ٦٢٤، ٦٣٢، ٦٩٣، ٧٥٤، ٨٠٧، ٨٥٠، ٩٠٨، ١٠٢٠
ڕەفعەت عەبدوڵڵا حەمەڕەش ١٩٥، ٢٢٤، ٥١٨، ٩٤٧، ٩٤٨
ڕەفعەت محەمەد یاسین ٢٤٧، ٤٩٨، ٥١٩، ٥٩٧، ٨٨٩، ١٠٠٥، ١٠٠٧، ١٢١٦
ڕەفعەت مەلا ٢٦٠، ٢٦٦
ڕەفیق پشدەری ٢٦٦
ڕەفیق سابیر ٤٧٨، ١١٠٣
ڕەفیق ساڵح ٥٤١، ١٠٠٧، ١١٠٤، ١١٤٢
ڕەفیق سەبری ٣٥٦، ٨٨٩
ڕەمزی قوتبەددین ٥٢٣، ٩٩٥
ڕەنج عەبدولحەمید ٨٩، ٣٧٤، ٤٧٥، ٥٢٦
ڕەنگاڵە (گۆڤار) ٣٧، ٥٢٧، ٨٠٥
ڕەوف مستەفا بەگ ٥٣١، ١١٤٦
ڕەهبەر سەید برایم ٦٧، ١٠٦، ٢٧٢، ٤٩٧، ٥٣٢، ٦٣٢، ٨٥٠، ٨٨٣، ٩٤٨، ٩٩٠
ڕێبازی نوێ (ڕۆژنامە) ٥٢، ٧٣، ١٦٢، ٢٠٧، ٥٣٦، ٥٢٠، ٥٦١، ٦٢٥، ٦٨٦، ٦٨٨، ٧١٨، ٧٤٩، ٨١٨، ٨٢٠، ٩٠٥، ٩٧٧، ١٠٣٩
ڕێبازی نوێ (گۆڤار) ١٦، ٥٧، ١٦٤، ٢٠٠، ٢٤٧، ٢٥٦، ٥٣٧، ٥٩٩، ٦٢٩، ٧٣٣، ١١١٨، ١٢٣٨
ڕێبوار خالید ٥٤١، ٨٧٣
ڕێبوار سەعید ١٦٦، ٥٢٣، ٥٤٢، ٩٧٤
ڕێبەری پێشمەرگە (گۆڤار) ١٠، ٢٠١، ٥٩٣، ٦٤٤، ١٢٢٢
ڕێبین محەمەد سۆفی ٤٨٨، ٥٤٤، ٨٨٩، ١٠٠٤
ڕێککەوتننامەی ستراتیجی ٣١١، ٥٤٧
ڕێککەوتنی سیاسیی یەکێتی-گۆڕان ٩٩٩، ١١٥٩
ڕێکەوت ئیسماعیل ٢٨٩، ١١٤٢
ڕێکەوت عوسمان مەجید ٧٤، ١٢٧، ٢٢٠، ٤٦٤، ٤٧٥، ٤٧٧، ٥٤٤، ٦٨٨، ٨٧٨، ٩١٥، ١٢٣٢
ڕێواز فایق ٢٨٢

## ز

زاهیر حەمە تاهیر ٣٠٥
زرار سێکانیانی ٥٥٩، ٦١٢
زرار عەبدوڵڵا مستەفا ١٩٨، ٣٣٦، ٤٨٨، ٤٩١، ٥٥٩، ١١١٢، ١١٤١
زوبێر عوسمان ٨٨، ٩١، ٥٦١

## ژ

ژیانەوە (رۆژنامە) ٥٧٠، ٦٩٤، ٨٩٢
ژیلوان (رۆژنامە) ٥٥، ٥٧٣، ١٠٧٠

## س

سابیر ئیسماعیل حەمەد ٨٧، ٨٩
سابیر رەسول ٤٣١، ٤٧٠
سابیر کۆکۆیی ٥٧٤، ٦١٣، ١٠٢٢
سالار رەشید ٤١، ٤٥
سالار عەزیز ٢٢، ١١١، ١٣١، ١٣٣، ٢٠٩، ٢٤١، ٣٦٣، ٣٨٩، ٤٧٥، ٤٧٧، ٥٦٣، ٦٧١، ٦٧٢، ٧٠٧، ٧٥٤، ٩١٧، ٩٢٥، ٩٤٢، ١٠٢٥، ١٠٧٢، ١١٢٩، ١١٣٥، ١١٤٣
ساڵح بێچار ٥٧٩، ٩٩٤
ساڵح عوسمان ٥٣٥
ساڵح یوسفی ١٥١، ٣٥٧، ٥١٣، ٥١٤، ٥٨٤، ٦١٦، ٦٣٦، ٧٠٥، ٧٣٧، ٧٨٥، ٨٠١، ٩٧٩
سامان گەرمیانی ٨٧، ٨٩، ٢٦٧، ٤٣١، ٥٨٦، ٧١١، ٧١٢، ٨٥٦، ٩٤٨، ١٠١٧، ١١٢٠، ١٢٠٨
سامان مەولود غەریب ١٣٠، ٥٨٨، ٧٤٧
سامی جەمال قەرەداغی ١٦٢، ٥٨٩، ٦٠٤، ٧٧٧
سامی شۆڕش ٣٠٥، ٤٧٥، ٤٩٧، ٥٩١، ٩٥٤، ٩٠٢، ١١١٤، ١١٣٩
سامی قادر ٣٣٦، ٥٤١، ٥٩٢، ٧١١، ٧٥٤، ١١٤٢
سامی هادی ١١٤، ٢٤٣، ٣٣٨، ٥٤١، ١١٠٦، ١١٠٧
سپارك (رۆژنامە) ٦١، ٤٨٠، ٤٨١، ٥٩٥، ٧٣٠، ١٠٣٦
ستار سەعید خەلەف ٧٧٨
ستار عەلی ٥٣٧، ٦٣١
ستران عەبدوڵڵا ٢٢١، ٢٣٦، ٥٤١، ٥٩٦، ٩٠٣، ٩٠٥، ١٠٠٦
سدیق عەلی ئامێدی ١٩١
سروشت (گۆڤار) ٣٠٥، ٥٩٨
سلێمان عارەب سلێمان ١٦٧، ٤٧٠، ٦٠١، ٨٥٠
سلێمان عومەر مەولود ٣٣٤، ٦٠٢
سلێمان عەبدوڵڵا یونس ٢٥، ٢٦، ٥٤٠
سلێمان قەساب ٢٦٦
سلێمان مستەفا حەسەن ٤٧٢، ١١٤٢
سمکۆ دزەیی ١٦٦، ٦٠٦
سمکۆ قادر بڵباس ٤٨١
سوار ئاغای سەرکەپکان ١٥٣
سوارە رەسول ئیسماعیل ٦١٠
سوارە رەشید ژاژڵەیی ٤٢٣
سوارە فەتاح ٦١٣
سوپای رزگاریی کوردستان (سرك) ١٨٢، ١٨٣، ٢٠٥، ٣٦٨، ٥١٢، ٥٨١، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩٧، ١١٥٨
سۆران داوودی ١١٠، ١١١، ٥٩٧
سۆسیال دیموکراسی ٢١٨، ٢٤٧، ٣٣٦، ٤٢١، ٥٤١، ٦١٨، ٦٢٠، ٦٣١، ٩٥١، ١٠٤٥، ١١٦٤، ١١٩٠
سەباح ئۆمەرەگەدە ٨٥٩، ٨٦٠
سەباح شەوکەت قادر ٣٤٧
سەرباز ئەحمەد ١٧، ١٠٧٧
سەرباز حسێن ٩٩٠

سەربەست جیهاد ٢٥
سەربەست حسێن ١٤١، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٧، ٦٢٥، ١١١٤
سەردار سەعید سۆفی ٣٥، ٣٦، ٦٢٦
سەردار عەبدولکەریم ٤٢٣، ٤٢٤، ١١١٧، ١١٤٢، ١١٨٦، ١٢٤٩
سەرکەوت حەسەن جەلال ٦٢٧، ٨٤٨
سەرهەنگ ئیسماعیل بەگ ٣٦٧
سەعدوڵڵا پەرۆش ١١٣، ١٢٧، ٤٩٧، ٥٩١، ٥٩٤، ٥٩٥، ١١٣٨
سەعدون یەدوڵڵا شەفی ٢٠، ١٤٠، ٢٣٥، ٦٣٣، ٨٥٠، ١١١٥، ١١١٧
سەعدی ئەحمەد پیرە ٢٢٢، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٦٧، ٤١٠، ٤٣٣، ٤٣٦، ٥٥٤، ٦٣٤، ٩٤٢، ٩٤٥، ٩٤٨، ١١٤٧
سەعدی خەلیل ٤٨٩، ٧٦٩، ٩٧٦
سەعدی عەزیز ١٣٣، ١٥٢، ٣٠١، ٣٨٧، ٤٦٥، ٤٦٨، ٤٦٩، ٦٣٦، ٧١٠، ٧٨٥، ٨٣٤، ١١٤٣، ١١٤٥
سەفین مەلا قەرە ٤٨١، ٦٠٥، ٦٣٢، ٦٣٨، ٨٤٩، ٩٠٨، ٩٠٩، ٩٤٣، ٩٩٩
سەلاح چاوشین ١٠٢، ٣٥٦، ٦٤٠، ٦٦٨، ٦٦٩
سەلاح دیلمانی ٦٤١، ١١٧٧
سەلاح رەشید ٢٢٢، ٥٥٤، ٧٣٠
سەلاح رەفیق حەمە رەحیم ١٩٠، ٢٥١، ٦٤٢
سەلاح رەنجدەر ٣٩٢، ٥٤١، ٥٤٣، ٦٤٣، ٦٤٩
سەلاح هەورامی ١٠٩
سەلام عەبدولڕەزاق ٨٠٥
سەلمان داوود مەندەلاوی ٤٠٦
سەلیم ئاغۆك ٧٣٧
سەمەد زەنگەنە ٢٣٥، ٢٣٦، ٣٣٦، ٣٧٥، ٥٤٠
سەنگەر (گۆڤار) ٦٥، ٦٤٣، ٦٤٨، ٦٤٩
سەید کاکە ١٣٣، ١٥٢، ١٥٣، ٢٧١، ٤٦٥، ٥١٤، ٦٥٣، ٧١١، ٨٣٤، ١١٤٣
سەید کەریم هاودیانی ١١٧، ١٢٤، ٤٧٠، ٥٨٦، ٦٥٥، ٧٠٧، ١١٢٠
سەیفەددین عەلی ئەحمەد ٨٩، ١٢٧، ٤٠٨، ٦٥٦، ١٢٥١
سەیوان رۆستەم ئەفراسیاب ٥٧٢
سیامەند مامیر شاسواری ٧٦، ٤٦٤، ٦٥٧، ٦٩٠، ٨٧٨، ٩١٥، ٩١٦، ١١٣٨
سیروان کوێخا نەجم ٨٩، ٣٤٨، ٦٦٠، ٨٤٠، ٨٤٤، ٨٥٠، ٩٤٨
سیروان گوگجەیی ١٢١٩


## ش


شاخەوان عەباس ٣، ١٠٢، ١١٧، ١٢٧، ١٦٦، ٣٥٦، ٣٩٤، ٤١٠، ٤٧٠، ٤٨٩، ٥١٧، ٦٤١، ٦٦٥، ٧١٠، ٧١١، ٧٥٤، ٩٤٢، ٩٤٣، ١١١٧، ١٠٤٤
شادمان مەلا حەسەن ٥٤١، ٦٦٦
شازاد ئەنوەر ١١٨٦
شازاد سایب ٣١٧، ٦٦٩، ٧٧١، ١٠٢٧
شاسوار جەلال ٢٢، ٤٤، ٤٩، ١٣٣، ١٦٥، ١٦٧، ٢٠٨، ٢٣٨، ٣٦٤، ٤٤٤، ٥٠٣، ٥٩٣، ٦٦٠، ٦٧٠، ٧٥٤، ٨٥٨، ٩١٧، ١٠٤٠، ١١٢٦، ١١٤٣، ١١٥٧، ١٢٥٠
شاسوار هەرشەمی ٧٦
شاڵاو عەلی عەسکەری ٢٢٢
شاهۆ سەعید ١٩٧، ٢٥٤
شوان عەلی سەعید ١٩٠، ٥٠٣، ٦٧٤، ٨٤٤
شوان کابان ١٣، ٢٥٣، ٢٨٨، ٤٧٥، ٤٧٧، ٤٩٣، ٦٣٩، ٦٧٥، ١١٩١، ١١٩٦
شوان موغاغی ٦١٢، ٦٧٦
شۆڕش ئیسماعیل ٢٩، ١٠٢، ١٨٢، ٢٥١، ٣٥٦، ٤٧١، ٦٤١، ٦٨١، ٩٤٣، ١٠٤٤، ١١٤٥

شۆڕش حاجی ٤٦٩
شۆڕش سەید مەجید ٢٦٤، ٦٨٢
شەراره (رۆژنامه) ٢٠، ٣١، ١٠٨، ١٠٩، ١٦٦،
٢٠٧، ٢٠٨، ٤١٦، ٥٦١، ٥٩٢، ٦٨٧، ٧٣٩، ٧٤٩،
٨٠٩، ٩٩١، ١٠٣٨، ١١١٥، ١٢٢٤
شەریف مەولود ١٥٣، ١١١٣
شەفیق حاجی خدر ٤٧٢، ٥٤١، ٨٧٥، ١١٠٧
شەفیق زاهیر ٨٥٣
شەماڵ ئۆمیك ٥٥، ٨٥٩
شەماڵ بەهجەت کابان ٧٦، ٤٦٥، ٦٩٠
شەماڵ عەبدولوەفا ١٩٧، ٩٩٩
شەمام شەوقی ٥٧١، ٦٩٣
شەمسەددین موفتی ١٠٣٦
شەوقیە کاکە حەمە ١٠٣٢
شەوکەت حاجی موشیر ١٢٧، ١٨٨، ١٩٥، ٢٣٠،
٣٥٥، ٦٩٥، ٧٨٢، ٨٣٥، ٨٤٨، ٩٤٣، ١١٠٠،
١٢٤٢، ١٢٤٣
شەونم محەمەد غەریب ١٠٣١
شەهاب ئەحمەد داوود ٦٥٢، ٦٩٨
شەهاب شێخ نوری ٢٦، ٣١، ٧٣، ٧٧،
١٠٢، ٣٠٤ ،٤٢٧، ٥٩٠، ٦٥٩، ٦٩٨، ٧٠٠،
٧٧٦، ٩١٦
شێردڵ حەوێزی ٢٦٠، ٢٦٧، ٨٤٨، ٨٤٩، ٨٥٠،
١٠٧٩
شێرزاد رەنجەڕۆ ٥٤٣، ٦٤٩، ٧٠٤، ٩٦٥
شێرزاد شێخانی ٨٣، ٢٤٣، ٢٤٤، ٩٠٣
شێرزاد موەفەری ٨٥٩، ١١٨٠
شێرکۆ بێکەس ٧٤، ١٠٣، ١١٥، ١٢٢، ١٤١،
٤٧٨، ٤٩٣، ٥٥٤، ٥٥٦، ٥٩٥، ٧٠٤، ٩٩٤، ١٠٩٧،
١١٠٨، ١٢٥٧
شێرکۆ مەنگوڕی ٢٤٣، ٩٠٣، ٩٠٤
شێرۆ عەبدولقادر ٤٠٦

## ع

عادل رەشید کانی گەوهەری ١٢٣
عادل شوکر ٤٣١، ٥٨٦، ٧٠٦، ٧١١، ٧١٢، ٧٧٤،
١٠١٨، ١٢٠٨
عادل عەلی ٣٧٤، ٥٤١، ٧١٣
عادل موراد ٩١، ١١٠، ١١٢، ١٣٣، ٢٤٩، ٣٥٨،
٤١٠، ٤٦٥، ٤٨٤، ٦٨٧، ٧١٥، ٧٥٣، ٨٢٨، ٩٠١،
٩١١، ٩٤٢، ٩٤٦، ٩٤٧، ٩٦٧، ١١٤٣، ٢٠١٧
عارف قوربانی ٣٧٤، ٦٤٣
عوزێر فەقیانی ١٠٠٤
عوسمان بانی مارانی ١٦٧، ٤٨٢، ٧١٨، ٩٤٣،
٩٦٤، ٩٩٩
عوسمان حاجی مەحمود ١٢١، ٩٤٢، ٩٤٣، ٩٩٨،
٩٩٩، ١٠١٨
عوسمان حەسەن شاکر ٣٣٦، ٣٧٥، ١١٤٢
عوسمان حەمە رەشید ٢٤٤، ٩٧٥، ١١٠٧، ١١١٣،
١١٤٢
عوسمان دەشتی ٤٠٨
عوسمان رەحمان محەمەد ٧٢٢
عوسمان رەسول حەسەن ٤٨٨
عوسمان سێدەری ٩١، ٥٦٦، ٥٦٧
عوسمان شارستێنی ٥٦٦، ٧٢٣
عوسمان عەبدولڕەحمان عەسکەری ٣٦٦، ٥٧٤
عوسمان عەزیز ئەحمەد ١١٦٨
عوسمان کانی پانکەیی ٨٨، ٩١، ٧٢٤
عوسمان کوڵکنی ٧٣٥، ٧٣٦
عوسمان نانەوا ٧٣، ٧٢٧، ٩٢٤
عومەر ئەحمەد محەمەد ئەمین ١٠٦
عومەر حەمەد عەلی ١١٩، ٤٨٨، ٧٢٨
عومەر سەید عەلی ٣١، ٤٧، ٧٣، ٢٢٨، ٣٠٤،
٧٧٦، ٩٣٦، ٩٤٢، ٩٤٤، ٩٤٥، ٩٩٨، ٩٩٩

عومەر شێخموس ١٣٣، ١٧٢، ٢٢٩، ٣٥٨، ٤٦٥، ٤٨٠، ٥٩٥، ٥٩٦، ٧٢٩، ٨٢٨، ٩٢٨، ٩٤١، ٩٧٩، ١٠٣٦، ١١٣٥، ١١٤٣، ١١٥٤، ١٢٤٢، ١٢٤٣
عومەر عەبدوڵڵا ١٣١، ١٣٣، ١٥٦، ١٨١، ٢٧١، ٤٣١، ٥٦٦، ٧٠٧، ٨٤٨، ٨٤٩، ٨٥٠، ٨٥٦، ٩٢٧، ٩٤١، ١١٤٣، ١١٤٤، ١٢١٢
عومەر عەزیز ١٥٣، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٧٢، ٩٢٨، ١١٢٠
عومەر عەلی ٦٠٥
عومەر فەتاح ٨٨، ٤٢٤، ٥٤٤، ٧٣٣، ٨١٨، ٨٤٨، ٨٥٠، ٩١٤، ٩٣٠، ٩٤٣، ٩٤٧، ١٠٠٦، ١١١٩
عومەر قادر ٧٣٤
عومەر مستەفا ١٣٣، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣، ٢٧٠، ٣٠٧، ٣٨٢، ٣٨٥، ٥١٣، ٦٣٦، ٦٥٣، ٧٣٦، ٧٨٥، ٨٠١، ٨٣٤، ٩٥٢، ٩٧٩، ١١٤٣، ١٢١٦
عەباس بەدری ١٠٨، ١٠٩، ١١١، ١١٢، ٢٤٣، ٢٤٤، ٤٧٦، ٤٧٨، ٤٩٣، ٦٧٨، ٦٨٨، ٧٣٨، ١١١٥
عەباس عەبدولڕەزاق ١١٤، ٥٢٧، ٦٨١، ٧٤٠، ١٢٠٣، ١٢٠٤
عەبدولخالق مەعروف ٧٤٣
عەبدولخالق مەعروف (چاپخانە) ٧٤٤، ٩٩٤، ٩٩٥، ١٢٥٨
عەبدولڕەحمان عوسمان ٧٤٤
عەبدولڕەحمان قادر غەفور ١٣٠، ٢٣٥، ٢٣٦، ٤٧٢، ٧٤٦، ٩٧٢، ١١١٧
عەبدولڕەحمان قاسملو ٣٥٥، ٧٣٥، ٧٨٣، ٩٢٩
عەبدولڕەحمان گۆمەشینی ١٥١، ٢٧٠، ٧٣٧، ٧٤٧
عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل ٤٠٨، ٤٧٦، ٤٧٨، ٧٤٩، ١٢٥١
عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا ٢٧٩، ٧٥١
عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا ٨٩، ٩١، ١٣٣، ٣١٦، ٣٥٨، ٤٨٤، ٥٨٦، ٧٥٢، ٩٧٦، ٢٠١٧
عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر ٧٣، ٢٥٦، ٣٨٩، ٥١٧، ٥٩٣، ٦٧١، ٧٥٤، ٨٥٠، ٩١٣، ٩٢٢، ٩٢٥، ١١٢٠
عەبدولسەلام حەمید عەلی ٢٧٢، ٢٨٨، ٦٣٩
عەبدولقادر محەمەد عومەر ٩١، ١٥٠، ٥٩٨، ٧٥٥، ١٠٣٦، ١٢١١
عەبدولقادر هەڵەدەنی ٦٦٨
عەبدولکەریم حاجی ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٦٧، ٧٥٧، ٨٥٠، ٩٢٨، ١١١٩، ١٢٤٣
عەبدوڵڵا ئاگرین ٨٣، ١٧٦
عەبدوڵڵا ئوجەلان ٤٨٥
عەبدوڵڵا بۆر ٤٣١، ٩٠٩، ٩١٠، ٩٦٤، ١٠٠٣، ١٠٠٤، ١١٤٧
عەبدوڵڵا بەکرەجۆیی ١٠٢٢
عەبدوڵڵا تەها دۆڵەڕەقی ١١٧٧
عەبدوڵڵا دڕەیی ٢٦٣
عەبدوڵڵا سەراج ٩٩٤
عەبدوڵڵا عومەر ٢٧٦، ٢٧٢، ٨٥٠
عەبدوڵڵا عەلیاوەیی ٢٤٧، ٣٨٤، ٦٣٢، ٧٥٨، ١٠٠٧، ١١٠٧
عەبدوڵڵا عەلی ڕەشید ٧٦، ٢٥٣، ٤٩١، ٩١٥، ١٢٢٧
عەبدوڵڵا عیززەددین شاسوار ٨٩
عەبدوڵڵا قادر حەمەلاو ٧٦، ٧٦٢
عەبدوڵڵا قەرەداغی ١١٠، ٢٤٤، ٣٧٥، ٥٤١، ٩٠٢، ١٠٠٦، ١١٨٦
عەبدوڵڵا کەریم سەلیم ڕەباتی ٩٩٦
عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ٥٠، ٢٣٦، ٥٤١، ٧٦٤
عەبدوڵڵا وسو ١٥٥، ٢٩١، ٧٦٠، ٩٩٣
عەبدولمەلیک عەلی عوسمان ٧٧٨
عەبدولهادی ساڵح سەعید ٣٤٢، ٥٠٩
عەبدولهادی مەهدی شامار ١١٢

عەدالەت عەبدوڵڵا ١٢٣٨
عەدنان عەلی تاهیر ٤٠٨، ٤٧٧
عەدنان محەمەد قادر ٨٩، ١٠٦، ٧٦٦
عەدنان موفتی ٨٧، ٢٢٢، ٢٤٩، ٤١٠، ٧٦٧، ٨٥٠، ٩٤٢، ٩٤٧، ١٠٣٦، ١٠٨١
عەزیز حەسەن عەزیز ٢٦٧، ٢٧٢
عەزیز خدر باوەکر ٤٨٨، ٧٦٩
عەزیز ڕەئوف ٥٣٩، ٥٤١
عەزیز شەمزینی ٧٧٠، ٨٢٠
عەزیز مەحمود ٧٢٨، ٧٧٣، ١٠٤٤
عەلی بچکۆل ٤، ٣١، ٣٩، ٤١، ٤٧، ٧٣، ٧٧، ٨٩، ٩١، ١٧٦، ٣٠٤، ٥٠٢، ٦١٤، ٧٧٥، ٩٢٧، ١١١٩
عەلی جافەرانی ١٦٢، ٣٦٠، ٧٧٧
عەلی چوارتایی ٦٦٩، ٧٧٨
عەلی چەلەبی ٧٦
عەلی حسێن حەسەن ٧٧٨
عەلی حەوێز ٨٩، ٣٨٨، ٤٦٩، ٥٢١، ٧٨٠، ٩٤١، ١١٣٥، ١٢٤٢
عەلی حیکمەت ٦٦٨، ١٠٤٤
عەلی ساڵح سێگرتکانی ٥١٧، ٧١١، ٧٥٤، ٧٨١، ٧٩٨، ١٠٤٤
عەلی شامار ٨٠٥، ٩٩٣، ١١٧٨، ١١٧٩
عەلی شیعە ٣٥٥، ٧٨٢، ١١٠١
عەلی عەبدولڕەحمان سەعید ١٨٢، ٦١١، ٦١٢، ٧٨٣
عەلی عەسکەری ١٠٥، ١٣٣، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣، ١٨٧، ٢٧٠، ٣٣٢، ٣٦٠، ٣٦٣، ٣٨٢، ٣٨٥، ٣٨٧، ٣٩٥، ٤٠٤، ٥١٣، ٥١٤، ٥٣٢، ٥٧٨، ٥٨٥، ٦١٦، ٦٣٦، ٧٢٣، ٧٣٧، ٧٦٠، ٧٨٤، ٧٩٦، ٨٠١، ١٠٧٢، ١١٤٣، ١١٤٥
عەلی محەمەد ساڵح ٢٢٩، ٧٨٦، ٨٤٨، ٨٥٠، ٩٢٨، ١١١٩، ١٢٤٣
عەلی نەبی ١٢٧، ٨٥٨
عەلی وەیس ٩٩٣
عەلی هەژار ١٥١، ٢٧٠، ٦١٦، ٦٣٦، ٧٣٧، ٧٨٥، ٧٨٩، ٧٩٦، ١٠٢٦، ١٠٦٦
عیدۆ بابە شێخ ٦٣١، ١٠٨٩
عیماد ئەحمەد ٤٦، ٥٧، ١٩٧، ٢٤١، ٢٤٩، ٥٤١، ٨٠٥، ٨٠٦، ٩٤٣، ١١١٢

## غ

غازی محەمەد ڕەشید ٣٤٩
غالب محەمەد ٤٧٨، ٤٩٨، ١١١٤
غەریب عەبدولقادر حاجی ٨٥٠
غەریب عەسکەریی ٥٦٧، ٦١٣، ٦١٤، ٧٩٢
غەریب هەڵەدنی ١٨٢، ٢٠٠، ٢٧٧، ٣٤٣، ٦٢٤، ٧٢٦، ٧٩٣
غەسان نەعسان ٨٤، ٧٩٤
غەفور دەروێش ئەحمەد ٨٩، ١١٩، ٤٧٠، ٤٨١، ٦٠٥، ٦٣٢، ٦٩٣، ٧٩٦
غەفور ساڵح ١١٥، ٥٤١
غەفور ساڵح ژاژڵەیی ٤٤٤، ٦٤١، ٧٩٨، ١١٢٣
غەفور سەعید ٦٦٨
غەفور عەبدوڵڵا حەمەد ٧٩٨
غەفور قادر ٩٧٦
غەنی عەبدال ٩٢٣

## ف

فاتیح حەیدەر عارف ٦٩٦، ٧٩٩
فاتیح مستەفا ٨٠
فاروق جەمیل ٨٩، ٢٧٩، ٨٠٠، ١٢٤٩
فاروق سدیق ٤٦٥، ٤٨٨

فاروق عەلی مەولود ٩١، ١١٧، ١٦٦، ٤٧٠، ٨٠٣، ١١٦٢
فازل رەسول ٧٩٥
فازل زەهاوی ١٠٠٥
فازل شیرەمەڕی ١٠١٧
فازل قەساب ٢٢٢، ٤٩٧، ٥٢٧، ٦٣٩، ٨٠٤، ٨٩٥
فازل کەریم ئەحمەد ١٩٧، ٢٠٦، ٤٧٤، ٤٧٧، ٥٤٣، ٥٦٠، ٦٨٨، ٧٠٧، ٨٠٥، ٩١٥، ٩٤٥، ١١١٣، ١١٣٥، ١١٤٢، ١٢٠٨
فازل مەلا مەحمود ٢١٠، ٨١٦
فاقە مەخموری ٤٣١، ٤٨٢، ٨٠٧
فایز یونس ٤١٦، ٤٧٧، ٦٥١، ٦٥٢، ٦٨٧، ٦٨٨، ٩٧٤
فریاد رەواندزی ١٠٩، ١١٠، ١١٢، ٤٧٦، ٤٧٧، ٩٠١، ٩٠٢، ١١١٥، ١١٨٦
فوئاد قەرەداغی ٢١٠
فوئاد مەعسوم ٨٧، ٩١، ١٠٩، ١٣٣، ١٧١، ١٧٣، ٢١١، ٢٢٤، ٢٢٦، ٢٢٨، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٦٦، ٣٥٨، ٣٩٥، ٤٣٣، ٤٣٦، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٧٥، ٤٨٤، ٤٩٧، ٦٠٦، ٦٨٧، ٦٨٨، ٧٥٣، ٨٠٩، ٨٢٨، ٨٩٤، ٨٩٥، ٩٠١، ٩٢٨، ٩٤٣، ٩٥٢، ٩٦٩، ٩٧٩، ١١١٤، ١١٤٣، ١٢٤٢
فەرهاد رەسول ٢٧٢، ٤٧٥، ٤٧٧، ٥٢٧، ١٢٤٩، ١٢٥٨
فەرهاد سەنگاوی ٤٧٥، ٤٧٧، ٦٣٩، ٨١٢، ١١١٤
فەرهاد شاکەلی ٥٨٦، ٨١٣
فەرەج عەبدولڕەحمان ٤٧٥
فەرەیدون عەبدولقادر ٣١، ٣٩، ٤٤، ٤٧، ٧٣، ٧٧، ١٤١، ١٧١، ٢٠٩، ٢٢٢، ٢٢٦، ٢٤٢، ٢٤٨، ٢٦٠، ٢٩٩، ٣٠٤، ٣٨٦، ٤٣١، ٥٠٠، ٥٣٧، ٥٤١، ٦١٧، ٧٠٥، ٧٣٩، ٧٨٥، ٨٤٨، ٨٤٩، ٨٩٨، ٩٠١، ٩١٥، ٩١٦، ٩٢٧، ٩٧٥، ١٠١٢، ١١١٤، ١١١٥
فەرید ئەسەسەرد ١٠٩، ١١٧، ١٤١، ١٧٣، ١٧٥، ١٩٧، ٢٤٨، ٢٥١، ٣٠٥، ٣٨٤، ٤٦٣، ٤٦٤، ٤٧٤، ٤٧٧، ٤٩٨، ٥٣٦، ٥٣٧، ٥٤٣، ٥٩٧، ٦٤٥، ٦٨٧، ٦٨٨، ٧٧١، ٨١٩، ٩٠٣، ٩١٦، ٩٤٣، ٩٤٥، ٩٧٤، ٩٤٨، ٩٧٥، ١٠٠٥، ١٠٨٠، ١١٠٣، ١١١٢، ١١١٣، ١١١٤، ١١١٥، ١١١٨، ١١٨٦
فەرید زامدار ٢٧٢، ٤٢٥، ٤٩١، ٨٢٢، ٨٩٤
فەیسەل رەسول خۆشناو ٤٨٨، ٨٢٣، ٨٥٨
فەیسەل رەشید تاڵەبانی ٦٨، ١٠٤، ٣٠١، ٣٩٧، ٥٨٦، ٦٦٨، ٨٢٤، ٨٥٦، ١٠٨١
فەیسەل عەبدولڕەحمان عەلی ١١١٨
فەیسەل عەلی خورشید ١٩٧، ٢٤٨، ٢٨٩، ٦٤٦، ٨٢٦، ٩٤٥، ١١٤٢

## ق

قادر حاجی عەلی ٦٥، ١٠٩، ٢١١، ٣٤٠، ٤٣١، ٥٣٧، ٥٣٨، ٥٥٤، ٧٤٠، ٩٢٧، ٩٢٩، ٩٣٠، ٩٤١، ٩٤٢، ١٠٦٠، ١١١٩، ١٢٣٢
قادر حەمە جان ٨٨، ٤٢٤، ٨٢٩، ٨٤٨، ٨٥٠، ٩٤٧، ١٢٤٩
قادر خەبات ١١٧، ١٢٤، ١٢٥، ٧١٣، ٨٣٢، ٨٣٨، ١٠٤٤، ١١٨١
قادر رەشید ١١٦٨
قادر عەزیز ١٦، ٥٧، ١٥٣، ٣٨٨، ٤٦٨، ٧١٠، ٧١١، ٧١٩، ٨٣٣، ١١٤٥، ١١٤٦، ١١٨٨
قادر مامەند ئاغا ١٥٣، ٢١٩، ٢٧١، ٦٥٤، ٨٣٦، ١٠٥٠
قادر محەمەد ئەحمەد ٨٩
قادر محەمەد مستەفا ٩١
قادر مەنمی ٤٨٨
قادر هەینی تەها ٨٣٧، ٩٨٢

قادر میرخان ١١٤، ١١٥، ٢٤٣
قارەمان شینە ٩١، ١١٩، ٨٣٨
قاسم عەزیز ٥١٧، ٧٥٤، ٨٤٤
قاسم محەمەد مستەفا ٤٢٣، ٤٢٤، ٨٤٥، ١٠٠٥
قوباد جەلی زادە ١١٤

## ک

کاردۆ گەڵاڵی ١٥١، ٢٧٠، ٦١٦، ٦٣٦، ٧٣٧، ٧٨٥، ٨٧٢، ٨٨٧، ١٠٦٦
کاردۆ محەمەد ٤٧١، ١١٠٧، ١٢٠٠
کارزان شەقڵاوەیی ٣٨٨، ٥٨٣
کارزان محەمەد ٢١٩، ٢٨٢، ٤٧٢، ٥٤١، ١١٤٢
کافیە سلێمان ٨٧، ٨٩، ٩٠، ١٢٤٠
کاوە عەبدوڵلا محەمەد ٨٨٣، ٨٨٥
کاوە محەمەد ١٠٩، ٢٨٨، ٤٧١، ٤٩٣، ٨٨٥، ٩٠٢، ٩٠٣،١١٤٧
کاوە مەخموری ١١٧
کاکە ڕەش سدیق ٧٣٤، ٨٧٥
کنێر عەبدوڵلا ٨٩٢، ١١٤٢
کوردایەتی (گۆڤار) ١٥١، ٨٢٢، ٨٩٣، ١٢٤٣
کوردستانی نوێ (رۆژنامە) ٥، ١٠، ٧٤، ٨٩، ١١٣، ١٦٩، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣٨، ٥٠٠، ٥٥٣، ٥٩٤، ٥٩٥، ٥٩٧، ٦٠٠، ٦٦٧، ٨٠٥، ٨١٨، ٨٨٦، ٩٠٠، ٩٤٥، ١٠٧٨، ١١٠٤، ١١٤٠، ١١٥٣
کوردۆ قاسم ٣٥٦، ٥٤٢، ٥٤٣، ٦٢٤، ٧٣٢، ٨٥٠، ٩٤٣، ٩٩٩
کۆڕێ (شەڕ) ٣٧٠، ٤٣٩، ٥١٨، ٦٦٦، ٧٨٩، ٨٠٧، ٩٠٦
کۆڕی نیشتمانیی عیراق ٣١٠، ٤٩٥، ٩١٠
کۆسرەت رەسول عەلی ٣٥، ٨٨، ١٧٣، ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٤٨، ٣١٢، ٤٣١، ٤٨٩، ٤٩٣، ٥٠٣، ٥٠٤، ٦٠٥، ٦٣٢، ٦٧٥، ٧٣٣، ٧٤٥، ٧٥٢، ٨٠٣، ٨٤٨، ٩٠٦ ، ٩٠٨، ٩١٠، ٩١٢، ٩٤٢، ٩٤٧، ١٠٠٣، ١٠١٢، ١١٢٠
کۆمەڵە (گۆڤار) ١٥، ٥٩، ٦٠، ١٢٧، ١٢٨، ٢٠٦، ٢٠٩، ٢٩٩، ٣٥٤، ٣٩٩، ٥٥٤، ٦٥٨، ٨٠٦، ٨١٨، ٧٩٧، ٩١٥، ١٠٤٠، ١٠٥٣، ١١٣٦، ١١٤٩، ١١٥٦
کۆمیتەی شارەکان ١٤١، ٩٢٢
کۆمیتەی هەرێمەکان ٢١، ٢٢، ٤٥، ٤٩، ١٩٤، ٣٨٩، ٦٧١، ٧٥٤، ٧٥٥، ٩٣٥، ١١٤٣، ١١٥٦
کوێستان محەمەد ٢٨١، ٤٧٣
کەریم حەمید زەنگەنە ٥٥، ١٠٠٨، ١٠٠٩
کەریم دەشتی ٥٩٥، ٩٠١
کەریم سەلام ١٢٢١
کەریم محەمەد ئەمین رەزا ١٢٣
کەریم مەولود ئەحمەد ٤٨٨
کەریم نادر باخی ئاغجەلەری ١٠٢٢
کەژاڵ ئەحمەد ١١٤، ٢٢١، ٢٤٨، ٢٨١، ٤٩٣، ٥٤١، ٩٠٢، ٩٠٣، ٩٠٤
کەمال خۆشناو ١٢٦، ٢٤٨، ٢٦٠، ٢٦٧، ٩٢١، ٩٢٧، ٩٣٦، ٩٧٩، ١١٣٥
کەمال فوئاد ١٠٩، ١٢٧، ١٣٣، ٢٤٨، ٣٥٨، ٤٦٥، ٧٣٠، ٨٢٨، ٩٤١، ٩٤٣، ٩٤٧، ٩٨٤، ١١٤٣، ١٢٤٢، ١٢٥٧
کەمال محێدین ٧٣٨
کەمال موفتی ٣٠٣

## گ

گزنگ (گۆڤار) ٦٥، ٤٤٢، ٥٧٩، ٧٤٤، ٧٦٤، ١٢٥٧
گزنگی بچوکان (گۆڤار) ٦٥، ٩٩٤، ٩٩٥

گۆڕان (بزوتنەوە) ١٢١، ٣٠٠، ٤٥٨، ٤٥٩، ٥٢٢، ٦٢٨، ٦٣٩، ٦٩١، ٧١٣، ٧٢٠، ٨١٣، ٨١٩، ٩٩٧، ٩٩٨، ١١٥٤، ١١٥٩، ١١٩٦
گۆران ئازاد حەمە گەمحان ٣٥١، ٥٤٠
گەردەلولی تۆڵە (ئۆپەراسیۆن) ١٠٧، ١١٠، ١٥٩، ١٨٣، ١٨٥، ٣٠٣، ٣٠٦، ٣٩١، ٥٦١، ٥٦٥، ٥٩٠، ٦٠٧، ٦٦٧، ٧٢٠، ٨١٨، ٩١٤، ٩٨٢، ١٠١١، ١٠١٣، ١٠٨٨، ١١٠٠، ١١٤٧، ١١٦٣، ١١٨٨
گەشە دارا حەفید ٩٤٥
گەلاوێژ جەباری ١١١٧

## ل

لالۆ رەنجە ٧٦
لەتیف عومەر مستەفا ٧٩، ٥٠٣، ٦٧٥، ٩١٣، ٩٤٨، ١٠٢٨، ١٢٣١
لەتیف فاتیح فەرەج ٣٧٤، ٣٧٥
لەتیف نێروەیی ٨٨، ٩١
لیتنسەل (رۆژنامە) ٦١، ١٠٣٥

## م

مارف عومەر گوڵ ٢٤٨، ٥٤١، ١٠٠٦، ١٢٥٧
مامە ریشە ١٢٧، ١٩٥، ٢٠٢، ٣٦٠، ٣٧٦، ٧٦٥، ١٠٤٩، ١١٧٥
محەمەد ئازاد ٥٤٤
محەمەد ئەحمەد ئاڵتونچی ٤١
محەمەد ئەحمەد محەمەد ٨٩
محەمەد ئەحمەد موراد ٣٤٠
محەمەد تۆفیق رەحیم ٢٦٧، ٨٧٨، ٩٣٠، ٩٩٩
محەمەد جوتیار ٢٩١
محەمەد جەمیل قەشقەیی ٤٨٩، ٥١٧، ٧٥٤
محەمەد حاجی سەعید چوارتایی ١١٧٥
محەمەد حاجی مەحمود ٢٦٦، ٣٥٥، ٣٦٥، ٧٨٢، ١٠٥٤، ١٠٦٧، ١١٨٨
محەمەد حەمە سەعید ئەحمەد ٨٩، ١٠٥٨
محەمەد خورشید ٣٩، ٤٠، ٥٠٣، ٦٧٥، ٩١٣، ١٠٥٩
محەمەد خۆشناو ٣٨٨، ١٠٦١
محەمەد رازانی ٢٩١، ٤٥٥، ٩٩٣، ١٠٦٢
محەمەد زەنگەنە ٧٥٤، ٧٥٥
محەمەد سابیر ٩١، ٩٤٢، ٩٤٣
محەمەد سەعید خورشید ٥٢٤
محەمەد سەیدە ١٠٦٤
محەمەد سیاسی ٧٣٥، ١١٢٠
محەمەد شاکەلی ٤، ٨٩، ١٧١، ٢٦٦، ١٠٥٥، ١٠٦٥، ١٢٢١
محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی ٦٦٩، ٦٧٢، ١٠٣٢، ١٠٦٨
محەمەد شینە ٤٣١، ١٠٦٩
محەمەد عەبدولقادر حاجی ٥٧٣، ١٠٧٠، ١٢٠٣
محەمەد عەجەم ٢٥٦، ٣٩٤، ٤٨٩، ٥٨٣، ٧١٠، ٧١١، ٧٥٥، ١٠٧١، ١٢٠٨
محەمەد غەریب عەبدوڵڵا ١٠٢، ٢٩٤، ٣٥٦، ٦١٢، ٦١٣، ٦٣٩، ٦٧٥، ٨٥٠، ٨٧٩، ٩٦٧، ٩٨١، ١٠٧٢
محەمەد غەفور ئاغجەلەری ٣٣٢، ١٠٧٣
محەمەد کەریم ١١٥، ٩٠٥، ١٠٧٥، ١١٨٦
محەمەد مۆریاسی ٧٤٥، ٩٠٥
محەمەد موکری ١١٥، ١٤١، ٢٤٢، ٢٤٤، ٩٧٤، ١٢٥٨
محەمەد مەحمود سەرگەڵویی ٢٢٩، ٩٢٨، ١٢٤٣
محەمەد مەحمود محەمەد باخ ١٧، ١٠٤، ٣٠٢، ٤٣٢، ٨٢٥، ١٠٧٦، ١٠٤٤

محەمەد نوری تۆفیق ١٧٦، ٢٠٣، ٢٤٣، ٢٨١، ٥٤٣، ١٠٧٧
محەمەد وەتمان ٩٤٨، ١٠٧٨
مزەفەر عەبدولوەهاب ١١٨٦
مژدە عەبدولکەریم ٥٥٤، ١٢٣٢
مستەفا برایم دەروێش ١٥٠، ٢٨٩، ٥٩٨، ٦٤٥، ٧٥٦، ٨٢١، ١٠٠٥، ١٠٠٦، ١٠٣٦، ١٠٨٠
مستەفا چاوڕەش ٥٩٢، ٦٦٨، ٧٠٧، ٩٢٩، ٩٤٢، ١٠٨١، ١١١٩، ١١٨٨
مستەفا خوخی ٥٨٦
مستەفا ساڵح کەریم ١١٠، ١١١، ١١٢، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٨١، ١٠٧٨، ١٠٨٢
مستەفا سەید قادر ١٣٠، ٢٢٨، ٢٤٦، ٥٦٦، ٥٩٨، ٦١٢، ٦١٣، ٧٤٧، ٧٥٦، ٨٢٠، ٨٧٩، ٩٤٣، ٩٩٨، ٩٩٩، ١٠١٢، ١٠٣٦، ١٠٨٠، ١١٤٧، ١١٦٣
مستەفا عیززەددین رەسول ١١٣، ١١٤
موئمین سەلام سادق ٤١١، ١٠٨٥
موحسین بایز ١٠٨٦، ١١٤٧
موحسین عەلی ئەکبەر ٢٠، ٤٥، ١٢٧، ١٤١، ٤٧٤، ٤٧٦، ٤٧٧، ٥٢٧، ٧٥٣، ٨٠٦، ٨٥٠، ٩١٥، ٩٤٢، ١٠٢٧، ١٠٨٨، ١١١٣، ١١١٥
موشیر حەمە غەریب ٢٦٧، ٢٧٢، ٥٢٢، ١٠٩٢
موکەڕڕەم حەسیب ٥٣٥
موەفەق دەرگەڵەیی ٥٢٧
مەجید حسێن مورسیل زەمان ٢٧٢، ٤٦٩، ٦٠٨، ٩٢١، ١٠٩٤، ١١٢٠
مەجید میرخان ٤٨١
مەحمود حاجی فەرەج کۆکۆیی ٣٩، ٦٢
مەحمود خدر حسێن ١١١٧، ١١١٨
مەحمود خۆشناو ٢٧٢، ٥٢٢، ٩١٢، ١٠٩٧
مەحمود رەزا ٤٦٤، ٤٧٨، ٤٧٦، ٤٩٣، ٦٤٥، ٧٩٤، ٨٢١، ١٠٠٥، ١٠٠٦، ١٠٠٧، ١٠٨٠
مەحمود رەشید ئەحمەد ٥٦٦، ٦١٣، ٦٦٨
مەحمود سەنگاوی ٦٧، ٤٣١، ٦٢٤، ٦٤٠، ٨٥٠، ٩٤٣، ٩٤٧، ٩٦٧، ١٠١٨، ١٠٩٨
مەحمود سەیدە ١١٨١
مەحمود سێدەری ١١٠٠
مەحمود عوسمان ٢٧١، ٥٤١، ٦٠٩، ٧٠٧، ٧٦٧، ٧٦٨، ٨٨٧، ١٠٣٦، ١٠٨١
مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ٤٥، ٤٦، ٢٢١، ٣٥٥، ٤٦٩، ٤٧٠، ٦٦٨، ٧٠٧، ٧٨٢، ٧٨٣، ٩٧٦، ١٠٥٨، ١١٠١، ١١٤٥
مەحمود مەلا عیززەت ٧٤، ١٤١، ٥٢١، ٥٤١، ٥٥٤، ٩٠٣، ٩٠٤، ١١٠٣، ١١٥٣
مەدحەت کاکەیی ١١٠٣
مەدحی مەندەلاوی ٤٧٨، ٥٧٣، ١٢٠٣
مەدەنیەت (گۆڤار) ٣٩٠، ١١٠٥
مەریوان وریا قانع ٧٦، ٢٥٣، ٤٩١
مەسعود عەبدولخالق ٨٩٤
مەسعود میکائیل ٤٠٥
مەشخەڵان ١٠٣، ١٠٧، ٧٠٥، ٩٤٩، ٩٧٢، ١١٠٨
مەغدید سەپان ١١٤٠، ١١٤١
مەلا بەختیار ٢٢، ٤٥، ٤٩، ٨٨، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ٢٢٠، ٢٢٤، ٢٢٨، ٢٤١، ٢٤٨، ٢٤٩، ٣٢٦، ٣٣٨، ٣٨٨، ٤٠٦، ٤٧٨، ٥٦٣، ٦٤١، ٦٧١، ٦٧٢، ٧٠٧، ٧١٠، ٧١١، ٧٥٤، ٧٦٩، ٨٠٥، ٩١٥، ٩١٧، ٩٢٥، ٩٢٧، ٩٣٠، ٩٣٦، ٩٤٥، ٩٤٧، ١١٠٦، ١١١٢، ١١١٩، ١١٤٣، ١١٤٤، ١١٨٦، ١٢٠٨
مەنسور یوسف مستەفا ٢٦٧، ١١٢٣
مەولود برایم حەسەن ٣٨٤، ٩٠١، ١١٣٨
مەولود هەمزە ٤٨٩، ٥١٧، ٧٥٤
مەولود هێرۆیی ١٥٥، ٢٩١، ٩٩٣

## ن

نازم حەمەی سلێمان ٦١٣، ٧٩٢، ٨٦٩
نازم رەشید بەلەگە ١٠٠٨، ١٠١٨
نازم عومەر ١٥٣، ١٧١، ٢٦٦، ٢٦٨، ٢٧٢، ٨٤٨، ٩٢١، ٩٢٨، ١١٢٨، ١٢٢١
ناسیح ئیسماعیل ئەحمەد ١٥١، ١٥٣، ٢٧٠، ٦٣٦، ٧٣٧، ٩٧٩
نامق عەلی قادر ٥٩٥
نزار خەسرەو ٥٩٧
نوری محەمەد عەلی ٤٨٨، ٦٧٨، ١١٣٨
نوسەری کوردستان (گۆڤار) ٢٥١، ٤٤٢، ٧٤٤، ٧٦٤، ١١٣٨، ١١٩٦، ١٢٥٧، ١٢٥٨
نوسەری نوێ (گۆڤار) ٣٠٥، ٥٩٢، ٦٥٨، ١١٣٨
نوعمان عەبدوڵڵا عوبێد ٤٠، ٨٤٠
نۆڤین (گۆڤار) ٣٧٢، ٥٦٠، ١١٤١
نەبەز مەجید ئەمین ٢٣٦، ٢٤٨، ١١١٧
نەبی چالاك ١٢٤
نەجاتی عەبدوڵڵا ١١٤٢
نەجمەددین بیوك كایا ١٤٣، ١١٤٧
نەجمەددین رەشید ئەمین مستەفا ١١١٧
نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا ١٢١، ١٢٢، ٢٥٤، ٥٤١، ٦٤٥، ٩١٥، ١٠٦٠، ١١١٨، ١١٤٨
نەجمەددین کەریم ٢١١، ٩٤٧، ٩٤٨
نەرمین عوسمان ٩٤٨، ١١٥٠، ١٢٤٠
نەسروڵڵا عەلی مەحمود ١١٥١، ١١٥٢
نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ١١٦
نەوزاد عوسمان عەبدوڵڵا ٧٧٩
نەوزاد عەلی ئەحمەد ٤، ١١٣، ١١٤، ٢٢١، ٢٤٣، ١١٥٣، ١١٨٦، ١٢٣٨
نەوزاد کاکە ڕەش ٨٥٠
نەوشیروان فوئاد مەستی ٨٩
نەوشیروان مستەفا ئەمین ٤، ١٢، ٤٤، ٦١، ١٣٣، ١٤١، ١٧٢، ٢٠٩، ٢١١، ٢١٦، ٢٢٠، ٢٦٣، ٣٠٠، ٣٠٣، ٣٥٨، ٣٦٤، ٣٨٩، ٤٢٣، ٤٢٤، ٤٣٣، ٤٣٦، ٤٥٨، ٤٥٩، ٤٦٥، ٤٨٤، ٥١٠، ٥٦٣، ٦٢٢، ٦٢٤، ٦٤٠، ٦٤١، ٦٦٠، ٦٦٨، ٦٨٢، ٦٨٧، ٧٠٥، ٧٠٧، ٧٧١، ٨٠٦، ٨٤٨، ٨٤٩، ٨٧٨، ٩١١، ٩١٥، ٩٢٣، ٩٢٧، ٩٢٩، ٩٣٦، ٩٤٢، ٩٥٢، ٩٦٧، ٩٧٠، ٩٧٩، ٩٩٨، ٩٩٩، ١٠٠٣، ١٠٤٠، ١٠٨٣، ١١٣٥، ١١٤٣، ١١٤٤، ١١٥٤، ١١٩٣، ١١٩٩، ١٢٠٧، ١٢١٣، ١٢١٧، ١٢٢١
نەهرۆ سەعید سۆفی ٤٣١، ١١٦٠
نەهرۆ قەسرۆکی ١١٨، ١١٦١
نەهرۆ هەینی ١١٥، ١١٨٦
نیاز دەرگەڵەیی ٨٩، ٩٠، ٩١، ١١٦٠
نیاز سەعید عەلی ٢٤٥، ٥٤٣، ١١١٢، ١١١٣، ١١٦٣

## و

واشنتن (رێککەوتننامە) ١١١، ٣١١، ٥٤٠، ٩٨٦، ١٠١٧، ١١٦٨
وریا حەمە غەریب ١٦٢، ٧٧٧
وریا مام کوێخا ٨٥٨
وەسفیە بەنی وەیس ٩٤٨، ١٠٣١، ١١٧٧

## هـ

هاشم سەراج ٥٩٤، ٥٩٥
هاشم شەمامکی ٤٨٢، ١١٨٣
هاوپەیمانی (رۆژنامە) ٨٢١، ٨٣٥، ١١٥٣، ١١٨٥، ١١٨٨
هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان ٨٢١، ١٠٥٦، ١١٥٣، ١١٨٦

هشیار عابد ٢٠، ١٤٠، ٤٧٧، ٦٨٨، ١١١٣، ١٢٠٨
هۆره (گۆڤار) ٣٠٥، ٤٤٥، ٦٧٦، ١١٩١
هۆشمەند عەبدولکەریم ٢٦٧، ٢٧٢، ٨٨٥، ١٠٩٣
هۆشیار عەبدولکەریم زێدبەگی ٤٨٨، ١١٩١
هەرێم کەمال ئاغا ٩٤٨، ١١٩٤
هەڤاڵ کوێستانی ١٤١، ٢٠٩، ٢٥٠، ٤٧٥، ٤٧٧، ٨٩٨، ٩١٥، ١١٩٥، ١٢٠٨، ١٢٥٧، ١٢٥٨
هەکاری (ئۆپەراسیون) ٨٥، ١٠٥، ١٥٣، ٢١٩، ٣٣٣، ٣٥٥، ٣٥٨، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٧٨، ٣٨٠، ٣٨١، ٥٣٢، ٦٤٤، ٦٦٨، ٦٩١، ٧٢٤، ٧٢٦، ٧٣١، ٧٦٠، ٧٧٢، ٧٨٣، ٨٣٢، ٨٣٧، ٩٧٩، ١١٠٢، ١١٩٦
هەڵمەت (کۆمیتە) ٤٩، ٦٧٥
هەڵۆ ئەحمەد کوردە ٣٠٠، ٥٥٥، ١١٢٤
هەڵۆ پێنجوێنی ٩٤٨، ١٢٠٠
هەڵۆی سور (ڕێکخراو) ١٨٩، ٤٠٧، ٦٨١، ٨٠٦، ٨١٩، ١١٧٨، ١٢٠٢
هەواڵنامەی کوردستانی عیراق (ڕۆژنامە) ٥٦، ١٦٢، ٣٦٤، ٤١٦ ،٧٧٧، ٧٩٨، ٨٠٦، ١١٥٦، ١١٩٥، ١٢٠٧
هێرش (کۆمیتە) ٧٥٥، ١٢١٠
هێرۆ برایم ئەحمەد ١٩، ٢٨٠، ٢٨١، ٩٤٧، ١١٥٠، ١٢٤٠، ١٢٤١
هێزی پشتگیری ٥٤، ١٢٥، ١٩٦، ١٩٧، ٢٠٠، ٢٧٣، ٢٧٤، ٢٧٩، ٤٠٥، ٤٤٦، ٥٠٧، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٦٤، ٥٦٦، ٦١١، ٦١٢، ٦٤٧، ٦٤٨، ٧٠٣، ٧٤٥، ٨٤٦، ٨٥٥، ٨٧١، ٩٩٣، ١٠٠٨، ١٠٢٣، ١١٧٧، ١١٨٠، ١١٩٢، ١٢٠٦، ١٢١٢، ١٢١٣
هێزی پشتیوان (ئۆپەراسیۆن) ٥٥، ١٤٢، ١٥٨، ٢٠٣، ٣٦٣، ٣٩٦، ٤٠٥، ٥١١، ٥٥٨، ٦٤٠، ٧٢١، ٧٢٨، ٧٣١، ٧٥١، ٧٦١، ٧٧٢، ٩٧٣، ١٠١٨، ١٠٦٥، ١٠٧٩، ، ١٠٨٤، ١٠٩٩، ١١٠١، ١١٣٠، ١١٥٢، ١١٥٧، ١٢١٣
هیوا چیمەنی ٨٦٠، ٨٦١، ١٢١٨

## ی

یاسین ڕەئوف ١١٦، ٤٧٦، ٤٧٧، ٥٤٣، ٨٥٠، ١٢٢٢
یاسین قادر ٨٣٤
یوسف حەسەن حەوێز ٤٢٤، ١٢٢٣، ١٢٤٩
یونس ڕەحیم محەمەد ٣٠٠، ١٢٠٥، ١٢٢٩
یوسف زۆزانی ٢٠، ٤٧٥، ٤٧٧، ٦٨٧، ٦٨٨، ٩٤٥، ٩٤٦، ٩٧٦، ١١١٤، ١١١٥، ١٢٢٤
یوسف دەرگەڵەیی ٤٠٨، ١٢٢٤، ١٢٥٠، ١٢٥١
یوسف شەریف ٧٦، ٤٦٤، ٤٧٦، ٤٧٨، ٤٩١، ٥٢٧، ٥٣٦، ٥٣٧، ١١١٥، ١٢٢٧
یوسف قەشقەیی ١١٩
یوسف گۆران ١٩٧، ٢٤٨، ٦٣٢، ١٠٠٧، ١٢٢٨، ١٢٣٣

# پێرست

## ئـ


ئاراس ئیبراهیم محەمەد ........................................ ١٣
ئارام ئەحمەد محەمەد ........................................ ١٤
ئاریز عەبدوڵڵا ئەحمەد ........................................ ١٥
ئازاد حەمە گەمحان ........................................ ١٧
ئازاد خانەقینی ........................................ ١٨
ئازاد رەفیق چالاك ........................................ ١٩
ئازاد هەورامی ........................................ ٢١
ئازادی (پرنسیپ) ........................................ ٢٣
ئاژێر (بڵاوکراوە) ........................................ ٢٤
ئاسۆس (شەڕ) ........................................ ٢٥
ئاسۆس (گۆڤار) ........................................ ٢٥
ئاسۆ شێخ نوری ........................................ ٢٦
ئاسۆ مامەند ئیسماعیل ........................................ ٢٧
ئاسۆی دەلاك ........................................ ٢٨
ئاسیاو (روداو) ........................................ ٢٨
ئاشتی (پرنسیپ) ........................................ ٣٠
ئاشتی سابیر میرە ........................................ ٣٤
ئاشی زادە (شەڕ) ........................................ ٣٥
ئاشی شێخ قاسم (شەڕ) ........................................ ٣٥
ئاشی شێخ قاسم (چالاکی) ........................................ ٣٥
ئاشی کەڕە (چالاکی) ........................................ ٣٥
ئاکۆ (تیپ) ........................................ ٣٧
ئاکۆ غەریب ........................................ ٣٧
ئاکۆیان(ئۆپەراسیۆن) ........................................ ٣٨
ئاکۆیەتی(شەڕ) ........................................ ٣٩
ئاگر (کۆمیتە) ........................................ ٣٩
ئاڵا (رۆژنامە) ........................................ ٤٢
ئاڵا تاڵەبانی ........................................ ٤٢
ئالانە- خەلیفان (شەڕ) ........................................ ٤٣
ئاڵای سور (رۆژنامە) ........................................ ٤٤
ئاڵای شۆڕش (رۆژنامە) ........................................ ٤٤
ئاڵای شۆڕش (رێکخراو) ........................................ ٤٥

ئاڵای شۆڕش- کۆنفرەنس (ڕێکخراو) .......................................... ٤٦
ئاڵای هەڵبژاردن (ڕۆژنامە) .......................................... ٤٦
ئالیەڕەش(چالاکی) .......................................... ٤٧
ئاوات عەبدولغەفور حسێن .......................................... ٤٧
ئاوات قارەمانی .......................................... ٤٩
ئاوەژێ (کۆبونەوە) .......................................... ٥٠
ئۆتۆنۆمی (پرنسیپ) .......................................... ٥١
ئۆمەربل (شەڕ) .......................................... ٥٤
ئۆمەرە گەدە (شەڕ) .......................................... ٥٤
ئەبوبەکر حسێن ئەحمەد .......................................... ٥٥
ئەبوبەکر خۆشناو .......................................... ٥٦
ئەبوبەکر عوسمان .......................................... ٥٨
ئەبوبەکر محەمەد حاجی قادر .......................................... ٥٩
ئەبوبەکر نوری قادر .......................................... ٥٩
ئەتروش (چالاکی) .......................................... ٦٠
ئەحمەد بامەڕنی .......................................... ٦٠
ئەحمەد بڕنەو (شەڕ) .......................................... ٦٢
ئەحمەد تۆفیق مەعروف .......................................... ٦٢
ئەحمەد جەمیل هیرانی .......................................... ٦٣
ئەحمەد عالی باوەکر باس .......................................... ٦٣
ئەحمەد عارف .......................................... ٦٤
ئەحمەد قادر .......................................... ٦٦
ئەحمەد قادر مەحمود .......................................... ٦٦
ئەحمەد قەمبەری .......................................... ٦٧
ئەحمەد کرێکار .......................................... ٦٨
ئەحمەد کوردە .......................................... ٦٩
ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین .......................................... ٧٠
ئەحمەد مەولود .......................................... ٧٠
ئەحمەد نەجمەددین ئەحمەد .......................................... ٧١
ئەرسەلان بایز .......................................... ٧٢
ئەرکی نوێ (ڕۆژنامە) .......................................... ٧٤
ئەزمڕ (شەڕ) .......................................... ٧٥
ئەستێرە (گۆڤار) .......................................... ٧٦
ئەستێرەی سور (کۆمیتە) .......................................... ٧٦
ئەستێڵ (شەڕ) .......................................... ٧٧
ئەسحابە سپی (شەڕ) .......................................... ٧٧

ئەشرەف شەرەف نورولّلا تالّەبانی ............................. ٧٨
ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران ........................... ٧٩
ئەکبەر سان ئەحمەد قادر .......................................... ٨٠
ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد .......................................... ٨١
ئەکرەم عەزیز حسێن ............................................... ٨١
ئەلجەبهە ئەلکوردستانیە (رۆژنامە) ................................. ٨٢
ئەلمەرسەد ئەلدەولی (گۆڤار) ...................................... ٨٤
ئەمیر باقی غەفوری ............................................... ٨٤
ئەنجومەنی ئاوایییەکان ........................................... ٨٥
ئەنجومەنی ناوەند ................................................ ٨٦
ئەنکەرە (رێککەوتننامە) .......................................... ٩٤
ئەنوەر حەسەن ................................................... ١٠١
ئەنوەر زۆراب .................................................... ١٠٢
ئەنوەر قەرەداغی ................................................. ١٠٣
ئەنوەر مەجید سولّتان ............................................ ١٠٤
ئەهواز (خول) .................................................... ١٠٥
ئەی رەقیب (سرود) ................................................ ١٠٦
ئەیوب رەشید ئیبراهیم ............................................ ١٠٧
ئیتتیحاد (رۆژنامە) ............................................... ١٠٧
ئیتتیحاد (رۆژنامە) ............................................... ١٠٨
ئێستا (گۆڤار) .................................................... ١١٣
ئیسماعیل ونکەیی .................................................. ١١٥
ئیشراقات کوردییە (گۆڤار) ......................................... ١١٦
ئیشکۆر (شەڕ) ..................................................... ١١٧
ئیللەلا (شەڕ) ..................................................... ١١٧
ئیلنجاغ (شەڕ) ..................................................... ١١٨
ئیلنجاغ (چالاکی) .................................................. ١١٨
ئیلنجاغ- نێرەگین (شەڕ) ............................................ ١١٩
ئێندزێ (شەڕ) ..................................................... ١١٩

## ب

بابەکر درەیی ..................................................... ١٢٠
بابە گوڕگوڕ (رۆژنامە) .............................................. ١٢١
باڕۆیی (چالاکی) ................................................... ١٢٢
بارەپارە (چالاکی) .................................................. ١٢٢

بازگەی کەرکوك (ئۆپەراسیۆن) ........................ ١٢٣
باڵەبان (چالاکی) ........................ ١٢٤
باڵەك (هەرێم) ........................ ١٢٤
باڵەك (تیپ) ........................ ١٢٥
باڵەیان (شەڕ) ........................ ١٢٥
بالیسان (کۆبونەوە) ........................ ١٢٦
بالیسان (شەڕ) ........................ ١٢٧
بان چەپ (گوزارە) ........................ ١٢٧
بانگەوازی کوردایەتی (بەیاننامە) ........................ ١٢٨
بانە ژریژەکە (شەڕ) ........................ ١٢٩
باوزێ (شەڕ) ........................ ١٢٩
باوەڕ (کۆمیتە) ........................ ١٣٠
باوە گوڕگوڕ (گۆڤار) ........................ ١٣٠
باویان (شەڕ) ........................ ١٣١
بایز تاڵەبانی ........................ ١٣١
برادۆست (کۆبونەوە) ........................ ١٣٢
برایم جەلال ........................ ١٤١
برایم حاجی کوێخا ........................ ١٤٢
برایم حسێن شەریف ........................ ١٤٢
برایم حسێن عەبدوڵڵا ........................ ١٤٣
برایم ساڵح مستەفا ........................ ١٤٤
برایم عەزۆ ........................ ١٤٥
برایم عەزۆ (چاپخانە) ........................ ١٤٦
برایم فەتاح قادر ........................ ١٤٧
برایم مەحمود محەمەد باخ ........................ ١٤٨
برایم وەسانی ........................ ١٤٩
بروسك (رێکخراو) ........................ ١٥٠
بزوتنەوە (گۆڤار) ........................ ١٥٠
بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان ........................ ١٥١
بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان (باڵی ناو یەکێتی) ........................ ١٥٣
بڵاوکراوەی ناوخۆ ........................ ١٥٤
بڵفەت (تیپ) ........................ ١٥٤
بڵێسە جەبار فەرمان ........................ ١٥٥
بناوەسوتە (شەڕ) ........................ ١٥٥
بندایزان (چالاکی) ........................ ١٥٥
بنگرد (راپەڕین) ........................ ١٥٦

بورهان سەعید سۆفی ........................................................................ ١٥٨
بورهان قانع ................................................................................ ١٥٩
بورهان مستەفا مەعروف قەرەداغی ............................................... ١٦٢
بۆگد (شەڕ) ................................................................................ ١٦٢
بەتالیۆن .................................................................................... ١٦٣
بەختیار جەبار عەلی شاوەیس ........................................................ ١٦٤
بەختیار خالید تاهیر ..................................................................... ١٦٥
بەختیار محەمەد شەریف ............................................................... ١٦٥
بەڕانەتی (تیپ) ............................................................................ ١٦٦
بەرتللە (چالاکی)........................................................................... ١٦٧
بەردەکەڕ (شەڕ) .......................................................................... ١٦٧
بەردە کەشك (شەڕ) ...................................................................... ١٦٧
بەرزان ئەحمەد کوردە ................................................................... ١٦٧
بەرزان فەرەج عەبدوڵڵا ................................................................ ١٦٨
بەرزان محەمەد قادر ..................................................................... ١٧٠
بەرگەڵوو (کۆبونەوە) ..................................................................... ١٧٠
بەرگەڵوو (خول) ........................................................................... ١٧١
بەرگەڵوو (چالاکی) ........................................................................ ١٧١
بەرهەم ساڵح ............................................................................... ١٧٢
بەرەی کوردستانی ......................................................................... ١٧٤
بەرەی کوردستانی (رۆژنامە) ........................................................... ١٧٥
بەستەستێن (شەڕ) ......................................................................... ١٧٦
بەستەستێن (راپەڕین) .................................................................... ١٧٧
بەعیراقیکردنی شۆڕش (تیۆری) ....................................................... ١٧٧
بەکر ئەحمەد یەعقوب .................................................................... ١٧٩
بەکر بایف (شەڕ)............................................................................ ١٨٠
بەکر حاجی سەفەر ......................................................................... ١٨٠
بەکر خوردەلوکی .......................................................................... ١٨٢
بەکر فەتاح حسێن ......................................................................... ١٨٣
بەکر قالەمێری ئیسێوەیی ................................................................ ١٨٤
بەکر گەورە دێیی .......................................................................... ١٨٤
بەکر مستەفا سەعید ...................................................................... ١٨٥
بەکر مەجید رۆستەم ...................................................................... ١٨٦
بەلاغی عەسکەری ......................................................................... ١٨٧
بەمۆ (هەرێم) ............................................................................... ١٨٧
بەندەر عەلی ئەکبەر شاکە ............................................................. ١٨٨

بەهادین ئەحمەد حەسەن ................................................ ١٩٠
بەهدینان (رۆژنامە) ................................................ ١٩١
بەهرۆز یاسین گەلالّی ................................................ ١٩٢
بەیانی شوبات ................................................ ١٩٤
بێتواتە (ئۆپەراسیۆن) ................................................ ١٩٤
بیران (شەڕ) ................................................ ١٩٦
بیرو هۆشیاری (گۆڤار) ................................................ ١٩٧
بێستون باڕۆیی ................................................ ١٩٨
بێستون رەسول حەمەسور ................................................ ١٩٨
بێستون سابوراوایی ................................................ ١٩٩
بێسەلمێن (شەڕ) ................................................ ٢٠١
بێشێ (چالاکی) ................................................ ٢٠١
بێکەس (روداو) ................................................ ٢٠١
بێگەرد دلّشاد شوکرولّلا ................................................ ٢٠٣
بێگەلاس (شەڕ) ................................................ ٢٠٤
بێگەلاس (شەڕ) ................................................ ٢٠٤

## پ

پارتیزان ................................................ ٢٠٥
پارتی پێشڕەو (تیۆری) ................................................ ٢٠٦
پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق (رێکخراو) ................................................ ٢٠٩
پاریس (رێککەوتننامە) ................................................ ٢١٠
پارێزگاری (هەرێم) ................................................ ٢١٦
پاسۆك ................................................ ٢١٧
پشدەر (گۆڤار) ................................................ ٢١٨
پشدەر (هەرێم) ................................................ ٢١٩
پشکۆ نەجمەددین ................................................ ٢٢٠
پشووی کوردستانی نوێ (گۆڤار) ................................................ ٢٢١
پلینۆم ................................................ ٢٢٢
پلینۆمی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ................................................ ٢٢٣
پلینۆمی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ................................................ ٢٢٤
پلینۆمی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ................................................ ٢٢٥
پلینۆمی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ................................................ ٢٢٨
پلینۆمی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ................................................ ٢٢٩
پۆل ................................................ ٢٣٠

پەخشان جەلال حەفید ........................................................ ٢٣٠
پەروین بابەکر حەمە ئاغا ........................................................ ٢٣١
پەروین کاکە حەمە سەعید محەمەد ........................................................ ٢٣٢
پەروینێ (شەڕ) ........................................................ ٢٣٣
پەلکانە (چالاکی) ........................................................ ٢٣٤
پەیامی مرۆڤایەتی (بڵاوکراوە) ........................................................ ٢٣٤
پەیامی مرۆڤایەتی (گۆڤار) ........................................................ ٢٣٥
پەیامی نوێ (رۆژنامە) ........................................................ ٢٣٦
پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان ........................................................ ٢٣٨
پەیڕەوی یەکگرتن ........................................................ ٢٤١
پەیڤین (گۆڤار) ........................................................ ٢٤٢
پەیمانگای کادیرانی قەڵاچوالان ........................................................ ٢٤٥
پەیمانگای کادیرانی مەکتەبی رێکخستن ........................................................ ٢٤٦
پەیمانی ئاکار ........................................................ ٢٤٨
پێروو (گۆڤار)........................................................ ٢٥٠
پیرەمەگرون (تیپ) ........................................................ ٢٥١
پێشڕەو برایم سەعید ........................................................ ٢٥٢
پێشمەرگە (گۆڤار) ........................................................ ٢٥٣
پێشمەرگە (گۆڤار) ........................................................ ٢٥٤
پێشمەرگە (یانەی وەرزشی) ........................................................ ٢٥٥
پێشمەرگەی ناوشار (رێکخراو) ........................................................ ٢٥٥
پێشەوا تاڵەبانی ........................................................ ٢٥٦
پێنجوێن (چالاکی) ........................................................ ٢٥٧
پێنجوێن (چالاکی) ........................................................ ٢٥٧
پێنجوێن (چالاکی) ........................................................ ٢٥٨
پێنجوێن (راپەڕین) ........................................................ ٢٥٨

## ت

تاران (رێککەوتننامە) ........................................................ ٢٦٠
تاران (رێککەوتننامە) ........................................................ ٢٦١
تاران (خول) ........................................................ ٢٦٢
تاران (ئۆفیسی پەیوەندییەکان) ........................................................ ٢٦٥
تاوێرە بەرز (چالاکی) ........................................................ ٢٦٨
تاهیر عوسمان قادر ........................................................ ٢٦٨
تاهیر عەلی والی بەگ ........................................................ ٢٦٩

تۆپزاوە (شەڕ) .......................................................... ٢٧١
تۆرچ (گۆڤار) .......................................................... ٢٧١
توژەڵە (کۆبونەوە) .......................................................... ٢٧٢
تۆکمە (تیپ) .......................................................... ٢٧٢
توکن (شەڕ) .......................................................... ٢٧٣
تۆمارو گورگان (شەڕ) .......................................................... ٢٧٤
تەپڵە رەش (چالاکی) .......................................................... ٢٧٥
تەپە عەرەب (شەڕ) .......................................................... ٢٧٥
تەپەلوو (شەڕ) .......................................................... ٢٧٥
تەپەلوو (چالاکی) .......................................................... ٢٧٦
تەحسین کاوانی .......................................................... ٢٧٦
تەحسین محەمەد ئەمین .......................................................... ٢٧٧
تەحسین نامیق عەبدوڵڵا .......................................................... ٢٧٧
تەرازوو (گۆڤار) .......................................................... ٢٧٨
تەقتەق (ئۆپەراسیۆن) .......................................................... ٢٧٩
تەقتەق (ئۆپەراسیۆن) .......................................................... ٢٧٩
تەکێ (شەڕ) .......................................................... ٢٨٠
تەنگیسەر (شەڕ) .......................................................... ٢٨٠
تەوار (گۆڤار) .......................................................... ٢٨٠
تەها عەبدوڵڵا فەرەج سێکانیانی .......................................................... ٢٨٢
تەها فەقێ یوسف .......................................................... ٢٨٣
تیپ .......................................................... ٢٨٤
تیپی تۆپخانە .......................................................... ٢٨٦
تیپی مۆسیقای شەهید کارزان .......................................................... ٢٨٧
تێگەیشتنی راستی (گۆڤار) .......................................................... ٢٨٩
تیمار (چالاکی) .......................................................... ٢٨٩
تیمار (شەڕ) .......................................................... ٢٨٩
تیمار (چالاکی) .......................................................... ٢٩٠
تیمار (شەڕ) .......................................................... ٢٩٠


## ج


جوتیاران (تیپ) .......................................................... ٢٩١
جۆبلاغ (شەڕ) .......................................................... ٢٩٢
جود (هاوپەیمانی) .......................................................... ٢٩٢
جەبار حاجی رەشید .......................................................... ٢٩٣

جەبار فەتاح ........ ٢٩٤
جەبار فەرمان ........ ٢٩٥
جەبار محەمەد قادر ........ ٢٩٧
جەبار یاوەر ........ ٢٩٧
جەزا عەبدولواحید عەبدوڵڵا ........ ٢٩٩
جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد ........ ٣٠٠
جەعفەر شەفیعی ........ ٣٠١
جەعفەر شێخ مستەفا ........ ٣٠٢
جەعفەر عەبدولواحید ........ ٣٠٤
جەعفەر عەبدولواحید (چاپخانە) ........ ٣٠٥
جەلال ئیلنجاغی ........ ٣٠٦
جەلال تاڵەبانی ........ ٣٠٧
جەلال حاجی ........ ٣١١
جەلال کەریم عیسا ........ ٣١٢
جەلال محەمەد قادر ........ ٣١٣
جەلالی (شەڕ) ........ ٣١٤
جەلیل حەمە موراد شەریف ........ ٣١٤
جەلیل سادق خورشید ........ ٣١٥
جەلیل عەبدال شاهباز ........ ٣١٦
جەمال بەهادین محێدین ........ ٣١٧
جەمال تاهیر ........ ٣١٨
جەمال عەبدول ........ ٣٢٢
جەمال عەلی باپیر ........ ٣٢٣
جەمال عەلی مارف ........ ٣٢٤
جەمالەددین محەمەد ئەمین ........ ٣٢٥
جەمال یوسف مەحمود بۆتانی ........ ٣٢٦
جەمیل ئەحمەد مەحمود ........ ٣٢٧
جەمیل ڕەنجبەر ........ ٣٢٨
جەمیلە مەحمود کەریم ........ ٣٣٠
جەنگی فەقیانی ........ ٣٣١
جەواد بێدەری ........ ٣٣١
جەودەت دوبزی ........ ٣٣٣
جەوقەد (هاوپەیمانی) ........ ٣٣٤
جەوڵ بۆر (ئۆپەراسیۆن) ........ ٣٣٤
جەوهەر کرمانج ........ ٣٣٥
جەوهەر لەتیف مەحمود ........ ٣٣٥

جیهانی روناکبیری (گۆڤار) ........................................ ٣٣٦

## چ

چاپوك عومەر مستەفا ........................................ ٣٣٧
چاودێر (رۆژنامە) ........................................ ٣٣٧
چرا عومەر سابیر ........................................ ٣٣٩
چنارە (چالاکی) ........................................ ٣٤٠
چنگیان (شەڕ) ........................................ ٣٤٠
چنگیان (شەڕ) ........................................ ٣٤٠
چوارتا (چالاکی) ........................................ ٣٤١
چوارڕیانی سەرچنار (رووداو) ........................................ ٣٤١
چۆخماخ (شەڕ) ........................................ ٣٤١
چۆمان (چالاکی) ........................................ ٣٤٢
چۆمان (چالاکی) ........................................ ٣٤٢
چۆمان (شەڕ) ........................................ ٣٤٢
چەتۆ ساڵح سەعید ........................................ ٣٤٢
چەتۆ حەوێزی ........................................ ٣٤٣
چەچان (شەڕ) ........................................ ٣٤٥
چەچان (شەڕ) ........................................ ٣٤٥
چەرمەگا (ئۆپەراسیۆن) ........................................ ٣٤٦
چەکوچ (تیپ) ........................................ ٣٤٧
چەمچەماڵ (چالاکی) ........................................ ٣٤٧
چەمی تولکی (شەڕ) ........................................ ٣٤٨
چەمی رێزان (شەڕ) ........................................ ٣٤٩
چەوساوەکان (تیپی هونەری) ........................................ ٣٤٩
چەوساوەکانی چیمەنی شەهیدان (تیپی شانۆ) ........................................ ٣٤٩
چیا قادر کەریم ........................................ ٣٥٠
چێنەر عەلی جۆلا ........................................ ٣٥٠

## ح

حاجی ئەحمەد عەبدوڵڵا ........................................ ٣٥٢
حاجی جەرجیس (چالاکی) ........................................ ٣٥٢
حاجی قەڵا (شەڕ) ........................................ ٣٥٣
حاجی مەمۆ ........................................ ٣٥٤

حامد حاجی غالی .................................... ٣٥٥
حامد قادر میرزا عەبدوڵڵا .................................... ٣٥٦
حزبی سۆسیالیستی کوردستان .................................... ٣٥٧
حسێن بابە شێخ .................................... ٣٥٨
حسێن حاجی حەسەن .................................... ٣٦٠
حسێن حەمەد رەسول .................................... ٣٦١
حسێن شوانی .................................... ٣٦١
حسێن عەبدوڵڵا رەسول .................................... ٣٦٢
حسێن کەریم قادر .................................... ٣٦٣
حسێن مەجید حامد .................................... ٣٦٤
حسێن مەولود ئەحمەد .................................... ٣٦٥
حوجران (شەڕ) .................................... ٣٦٦
حەساری وەلی پاشا (شەڕ) .................................... ٣٦٧
حەسەن ئەنوەر حەسەن .................................... ٣٦٧
حەسەن حەمە بەگ .................................... ٣٦٧
حەسەن کوێخا رەسول مەنگوڕی .................................... ٣٦٩
حەسەن کوێستانی .................................... ٣٦٩
حەسەن موتریب (شەڕ) .................................... ٣٧٠
حەسەن یاسین عەبدولڕەحمان .................................... ٣٧١
حەلیمە سۆفی مەلا .................................... ٣٧٢
حەمامۆك (چالاکی) .................................... ٣٧٣
حەمرین (گۆڤار) .................................... ٣٧٣
حەمرین (گۆڤار) .................................... ٣٧٤
حەمرین (تیپ) .................................... ٣٧٥
حەمك (شەڕ) .................................... ٣٧٥
حەمە تۆفیق شێخ حەمە ئەمین عەبابەیلێ .................................... ٣٧٦
حەمە جەزا حاجی عەلی .................................... ٣٧٧
حەمە حەمە رەسول .................................... ٣٧٧
حەمە رەش کەسنەزانی .................................... ٣٧٨
حەمە رەش گرێژەیی .................................... ٣٨٠
حەمە رەش یاڵانقۆزی .................................... ٣٨٠
حەمە زیاد غەریب .................................... ٣٨١
حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی .................................... ٣٨٢
حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد .................................... ٣٨٣
حەمید باتاس .................................... ٣٨٥
حەمید محەمەد کاکەمەند .................................... ٣٨٦

حەوێز برایم سەمەد هیرانی ........................................ ٣٨٧
حیکمەت محەمەد کەریم ........................................ ٣٨٨
حیکمەت نیعمەت عەلی ........................................ ٣٩١

## خ

خاڵە بەگ (چالاکی) ........................................ ٣٩٢
خاڵە بەگ (چالاکی) ........................................ ٣٩٢
خالید دۆسکی ........................................ ٣٩٢
خالید سابیر عوسمان ........................................ ٣٩٣
خالید سەعید ........................................ ٣٩٤
خالید شوانی ........................................ ٣٩٥
خالید عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا ........................................ ٣٩٦
خالید گەرمیانی ........................................ ٣٩٧
خالید هەرکی ........................................ ٣٩٧
خانەی موعینی ........................................ ٣٩٩
خدران (شەڕ) ........................................ ٤٠٠
خدر عومەر سوور ........................................ ٤٠٠
خدر عەبدوڵڵا خدر ........................................ ٤٠١
خدر مەعسوم ........................................ ٤٠٢
خڕی زێوێ (چالاکی) ........................................ ٤٠٣
خورماڵ (شەڕ) ........................................ ٤٠٣
خورماڵ (شەڕ) ........................................ ٤٠٣
خورماڵ - زەڵم (چالاکی) ........................................ ٤٠٤
خولە عەزیز فەرحان ........................................ ٤٠٤
خوناف (گۆڤار) ........................................ ٤٠٥
خوێنی شەهیدان (ڕێکخراو) ........................................ ٤٠٦
خەباتی مامۆستا (گۆڤار) ........................................ ٤٠٧
خەسرەو خاڵ ........................................ ٤٠٨
خەسرەو شێرە ........................................ ٤٠٩
خەسرەو گوڵ محەمەد مەلك ........................................ ٤١٠
خەمینە سالح ئەحمەد ........................................ ٤١١
خەلیج (بڵاوکراوە) ........................................ ٤١٢
خەلیل جەلال مەجید ........................................ ٤١٣
خەلیل عەبدوڵڵا ئەحمەد ........................................ ٤١٤
خەلیل نیعمەت دۆسکی ........................................ ٤١٥

خەماس رەشید ئەحمەد ........................................................ ٤١٥
خەنادق (گۆڤار) ........................................................ ٤١٦
خێڵی حەمە (روداو) ........................................................ ٤١٦
خێوەتە (شەڕ) ........................................................ ٤١٨

## د

دابان- هەلاج (شەڕ) ........................................................ ٤١٩
دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (پرنسیپ) ........................................................ ٤٢٠
دادگای باڵای شۆڕش ........................................................ ٤٢٣
دارا حەفید ........................................................ ٤٢٤
دارا سەعدی محەمەد ........................................................ ٤٢٦
داراغا (شەڕ) ........................................................ ٤٢٧
دارۆ شێخ نوری شێخساڵح ........................................................ ٤٢٧
داری خلە (روداو) ........................................................ ٤٢٨
داستانی رزگاری (ئۆپەراسیۆن) ........................................................ ٤٣٠
دانا ئەحمەد مەجید ........................................................ ٤٣١
دبلن (وتوویژ) ........................................................ ٤٣٣
درۆ گیدا (رێککەوتنی سەرەتایی) ........................................................ ٤٣٥
دڕی (شەڕ) ........................................................ ٤٣٦
دلاوەر ئەحمەد مەجید ........................................................ ٤٣٦
دلاوەر عەبدوڵڵا مەحمود ........................................................ ٤٣٧
دڵزار بەکر عەبدولکەریم حەوێزی ........................................................ ٤٣٨
دڵشاد باویانی ........................................................ ٤٣٨
دڵشاد تۆفیق بەنگینە ........................................................ ٤٤٠
دڵشاد عەبدولرەحمان محەمەد ........................................................ ٤٤٠
دڵشاد عەبدوڵڵا ........................................................ ٤٤١
دڵشاد مەریوانی ........................................................ ٤٤٢
دلێر ئەحمەد شوکری ........................................................ ٤٤٤
دلێر ئیبراهیم محەمەد ........................................................ ٤٤٥
دلێر جاف ........................................................ ٤٤٦
دلێر حەمەد کەریم ........................................................ ٤٤٦
دوجەیلە (چالاکی) ........................................................ ٤٤٧
دوکانی خواروو (شەڕ) ........................................................ ٤٤٧
دۆڵی جافەتی (شەڕ) ........................................................ ٤٤٨
دۆڵی جافەتی (چالاکی) ........................................................ ٤٥٧

دۆڵی خانەقا (چالاکی) ........................................................ ٤٥٨
دەباشان (بەیاننامە) ........................................................ ٤٥٨
دەربەند (شەڕ) ........................................................ ٤٦٠
دەربەندی باسەڕە (شەڕ) ........................................................ ٤٦٠
دەربەندیخان (چالاکی) ........................................................ ٤٦٠
دەربەندی هەڵەدن (چالاکی) ........................................................ ٤٦٠
دەرگەڵە (شەڕ) ........................................................ ٤٦٠
دەرگەڵە (شەڕ) ........................................................ ٤٦١
دەرەدوین (شەڕ) ........................................................ ٤٦١
دەرەدوین (شەڕ) ........................................................ ٤٦١
دەرەدوین (شەڕ) ........................................................ ٤٦١
دەرەویان (تیپی شانۆ) ........................................................ ٤٦١
دەرەویانی سەروو (چالاکی) ........................................................ ٤٦٢
دەرەی مەڕ (شەڕ) ........................................................ ٤٦٢
دەرەی نەوتەکە (چالاکی) ........................................................ ٤٦٢
دەزگای پێشمەرگایەتی ........................................................ ٤٦٢
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ........................................................ ٤٦٣
دەزگای رۆشنبیریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ........................................................ ٤٦٤
دەزگای ناوەندیی رۆشنبیریی کۆمەڵە ........................................................ ٤٦٤
دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ........................................................ ٤٦٥
دەشتێو (شەڕ) ........................................................ ٤٦٥
دەشتێو (شەڕ) ........................................................ ٤٦٦
دەشتی هەولێر (شەڕ) ........................................................ ٤٦٧
دەشتی هەولێر (هەرێم) ........................................................ ٤٦٨
دەشتی هەولێر (تیپ) ........................................................ ٤٧٠
دەنگدان (گۆڤار) ........................................................ ٤٧١
دەنگی ژنان (بڵاوکراوە) ........................................................ ٤٧٣
دەنگی شۆڕشی عیراق (گۆڤار) ........................................................ ٤٧٣
دەنگی گەلی کوردستان (ئێزگە) ........................................................ ٤٧٤
دێر فۆنکە (رۆژنامە) ........................................................ ٤٨٠
دی ڤۆنك (رۆژنامە) ........................................................ ٤٨٠
دێگەڵە (ئۆپەراسیۆن) ........................................................ ٤٨١
دێلێژە (چالاکی) ........................................................ ٤٨٢
دیموکراسی (پرنسیپ) ........................................................ ٤٨٢
دیمەشق (رێککەوتن) ........................................................ ٤٨٤
دیمەشق (رێککەوتننامە) ........................................................ ٤٨٥

## ر


رابەری سیاسی ........................................................ ٤٨٧
راپەڕین (کۆمیتە) ........................................................ ٤٨٩
راپەڕین (گۆڤار) ........................................................ ٤٩٠
راپەڕین (گۆڤار) ........................................................ ٤٩١
راپەڕین (رۆژنامە) ........................................................ ٤٩٢
رزگار عەلی حەمە جان ........................................................ ٤٩٣
رزگاری (نەخشە) ........................................................ ٤٩٤
رزگاری (رۆژنامە) ........................................................ ٤٩٦
رزگار یاخیانی ........................................................ ٤٩٧
روانگەی جیهان (گۆڤار) ........................................................ ٤٩٨
رۆبەرت دویچ (پرۆژە) ........................................................ ٤٩٩
رۆستەم ساڵح تۆفیق سلێمان ........................................................ ٥٠٠
رۆشنبیری (بڵاوکراوە) ........................................................ ٥٠١
روناک محەمەد مستەفا ........................................................ ٥٠٢
رەئوف ئاکرەیی ........................................................ ٥٠٣
رەئوف جەمیل عەزیز ........................................................ ٥٠٥
رەحمان سەیدە ........................................................ ٥٠٦
رەحیماوا (چالاکی) ........................................................ ٥٠٧
رەحیماوا (روداو) ........................................................ ٥٠٨
رەزا محەمەد ئەمین ئەحمەد ........................................................ ٥٠٩
رەزگەو مارەدوو (روداو) ........................................................ ٥١٠
رەسول حەمە زێڕ ........................................................ ٥١١
رەسول عومەر لەتیف ........................................................ ٥١٢
رەسول مامەند ........................................................ ٥١٣
رەسول محەمەد حەمە ساڵح هەڵەدنی ........................................................ ٥١٥
رەشاد موراد مەلا ........................................................ ٥١٦
رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداوود ........................................................ ٥١٧
رەفعەت عەبدوڵڵا حەمەڕەش ........................................................ ٥١٨
رەفعەت محەمەد یاسین ........................................................ ٥١٩
رەفعەت مەلا ........................................................ ٥٢٠
رەفیق رەشید ئاغجەلەری ........................................................ ٥٢٢
رەمزی قوتبەددین ........................................................ ٥٢٣
رەنج (کۆمیتە) ........................................................ ٥٢٤
رەنجدەر (رۆژنامە) ........................................................ ٥٢٤

رەنجدەران (رێکخراو) .................................................... ٥٢٥
رەنجدەران (گۆڤار) .................................................... ٥٢٦
رەنج عەبدولحەمید محەمەد .................................................... ٥٢٦
رەنگاڵە (گۆڤار) .................................................... ٥٢٧
رەواندز (راپەڕین) .................................................... ٥٢٨
رەواندز- بێخاڵ (چالاکی) .................................................... ٥٣١
رەوف مستەفا بەگ .................................................... ٥٣١
رەهبەر سەید برایم بەرزنجی .................................................... ٥٣٢
رێبازی خوێندکاران (گۆڤار) .................................................... ٥٣٣
رێبازی خوێندکاران (رۆژنامە) .................................................... ٥٣٤
رێبازی نوێ (رۆژنامە) .................................................... ٥٣٦
رێبازی نوێ (گۆڤار) .................................................... ٥٣٧
رێبوار خالید .................................................... ٥٤١
رێبەری پێشمەرگە (گۆڤار) .................................................... ٥٤٢
رێبەری سیاسی (گۆڤار) .................................................... ٥٤٤
رێبین محەمەد سۆفی .................................................... ٥٤٤
رێژان (شەڕ) .................................................... ٥٤٥
رێکخراو .................................................... ٥٤٦
رێکخستنی ناوخۆ (دەزگا) .................................................... ٥٤٦
رێککەوتننامەی ستراتیجی .................................................... ٥٤٧
رێکەوت عوسمان مەجید .................................................... ٥٥٤
رێنوێن (گۆڤار) .................................................... ٥٥٥

## ز

زارگەلی (چالاکی) .................................................... ٥٥٧
زاهیر سدیق .................................................... ٥٥٧
زرار سەعدون سێکانیانی .................................................... ٥٥٨
زرار عەبدوڵڵا مستەفا .................................................... ٥٥٩
زرگوێز (چالاکی) .................................................... ٥٦٠
زرگوێز (چالاکی) .................................................... ٥٦١
زنجیرەی بەرنامەی کەرتی رێکخستنی دوکان (بڵاوکراوە) .................................................... ٥٦١
زوبێر عوسمان .................................................... ٥٦١
زەرگەتە (چالاکی) .................................................... ٥٦٢
زەڵێ (کۆبونەوە) .................................................... ٥٦٢
زەمەقی (چالاکی) .................................................... ٥٦٣

زەنان (شەڕ) ........ ٥٦٣
زێ (ڕێککەوتن) ........ ٥٦٤
زیخی گەرەوان (چالاکی) ........ ٥٦٤
زەیرەك خدر حەمەد ئەمین ........ ٥٦٤
زێنانە (شەڕ) ........ ٥٦٥
زینوی سپی (شەڕ) ........ ٥٦٦
زینوی شەڕگان (شەڕ) ........ ٥٦٧
زینوی فریاد (شەڕ) ........ ٥٦٧
زێوکە (شەڕ) ........ ٥٦٨

## ژ

ژاڵەی دەربەند (شەڕ) ........ ٥٦٩
ژاڵەی دەربەند (شەڕ) ........ ٥٦٩
ژیانەوە (ڕۆژنامە) ........ ٥٧٠
ژیانی ڕێکخراوەییمان (بڵاوکراوە) ........ ٥٧٢
ژیلوان (ڕۆژنامە) ........ ٥٧٣

## س

سابیر کۆکەیی ........ ٥٧٤
ساتی (شەڕ) ........ ٥٧٥
سادر (شەڕ) ........ ٥٧٦
سادر (شەڕ) ........ ٥٧٦
سادر- چەکوچ (شەڕ) ........ ٥٧٨
سالاریە (شەڕ) ........ ٥٧٨
ساڵح ئەحمەد عەزیز ........ ٥٧٩
ساڵح بێچار ........ ٥٧٩
ساڵح حەمەد ئەمین ........ ٥٨٠
ساڵح ڕەسول حەسەن ........ ٥٨١
ساڵح عوسمان خدر عوسمان ........ ٥٨٢
ساڵح مستەفا عوسمان ........ ٥٨٣
ساڵح یوسفی ........ ٥٨٤
ساڵەیی (چالاکی) ........ ٥٨٦
سامان گەرمیانی ........ ٥٨٦
سامان مەولود غەریب ........ ٥٨٨

سامی جەمال محەمەد قەرەداغی ........................................ ٥٨٩
سامی شۆڕش ........................................ ٥٩١
سامی قادر ئەحمەد ........................................ ٥٩٢
سبەی (گۆڤار) ........................................ ٥٩٤
سپارك (رۆژنامە) ........................................ ٥٩٥
ستران عەبدوڵڵا ........................................ ٥٩٦
سرك (ڕێکخراو) ........................................ ٥٩٧
سروشت (بڵاوکراوە) ........................................ ٥٩٨
سکتان (شەڕ) ........................................ ٥٩٨
سکرتێری گشتی ........................................ ٥٩٩
سکولاریزم (پرنسیپ) ........................................ ٥٩٩
سلێمان عارەب ئیسماعیل ........................................ ٦٠١
سلێمان عومەر مەولود ........................................ ٦٠٢
سلێمانی (چالاکی) ........................................ ٦٠٣
سلێمانی (چالاکی) ........................................ ٦٠٣
سلێمانی (چالاکی) ........................................ ٦٠٣
سلێمانی (شەڕ) ........................................ ٦٠٣
سماقوڵی (شەڕ) ........................................ ٦٠٤
سماقە (شەڕ) ........................................ ٦٠٥
سمایل وەرتی ........................................ ٦٠٦
سمکۆ دزەیی ........................................ ٦٠٦
سمکۆ قادر نەبی بڵباس ........................................ ٦٠٨
سمکۆ هەڵمەت ........................................ ٦٠٨
سناوە (شەڕ) ........................................ ٦٠٩
سوارە بیستانەیی ........................................ ٦٠٩
سوارە ڕەسول ئیسماعیل ........................................ ٦١٠
سورداش (شەڕ) ........................................ ٦١١
سورداش (شەڕ) ........................................ ٦١١
سورداش (تیپ) ........................................ ٦١٢
سورقاوشان (شەڕ) ........................................ ٦١٣
سورقاوشان (شەڕ) ........................................ ٦١٣
سورکەل (چالاکی) ........................................ ٦١٤
سورێن (شەڕ) ........................................ ٦١٤
سورێن (شەڕ) ........................................ ٦١٥
سۆسیالیزم (پرنسیپ) ........................................ ٦١٥
سۆسیال- دیموکراسی (پرنسیپ) ........................................ ٦٢٠

سەپان (دەزگا) .................................................... ٦٢٤
سەربەست حسێن محەمەد ئەمین .................................... ٦٢٥
سەرچنار (شەڕ) .................................................... ٦٢٥
سەردار سەعید سۆفی ............................................... ٦٢٦
سەرزەل (شەڕ) .................................................... ٦٢٦
سەرقەڵا (شەڕ) .................................................... ٦٢٧
سەرنەوس (شەڕ) .................................................. ٦٢٧
سەرکەوت (نەخشە) ................................................ ٦٢٧
سەرکەوت حەسەن جەلال ........................................... ٦٢٧
سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر ..................................... ٦٢٨
سەروەریی یاسا (پرنسیپ) ........................................ ٦٢٩
سەرهلدان (گۆڤار) ................................................ ٦٣٠
سەری رەش (ئۆپەراسیۆن) ......................................... ٦٣٢
سەعدون یەدوڵڵا شەفی رەشید ..................................... ٦٣٣
سەعدی ئەحمەد پیرە .............................................. ٦٣٤
سەعدی عەزیز .................................................... ٦٣٦
سەعید عەبدولڕەحمان مستەفا ..................................... ٦٣٧
سەفین مەلا قەرە ................................................. ٦٣٨
سەقز (فیستیڤال) ................................................. ٦٣٩
سەگرمە (تیپ) .................................................... ٦٣٩
سەلاح چاوشین .................................................... ٦٤٠
سەلاح دیلمانی ................................................... ٦٤١
سەلاح رەفیق حەمە رەحیم ......................................... ٦٤٢
سەلاح رەنجدەر .................................................. ٦٤٣
سەلاحەددین (شەڕ) ............................................... ٦٤٤
سەلیم حەمە ئاغا ................................................. ٦٤٤
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان ....................... ٦٤٥
سەنگاو (چالاکی) ................................................. ٦٤٧
سەنگاو (چالاکی) ................................................. ٦٤٧
سەنگاو (ئۆپەراسیۆن) ............................................ ٦٤٧
سەنگاو (ئۆپەراسیۆن) ............................................ ٦٤٧
سەنگاو- چەمچەماڵ (چالاکی) .................................... ٦٤٨
سەنگەر (گۆڤار) .................................................. ٦٤٨
سەنگەر (گۆڤار) .................................................. ٦٤٩
سەنگەسەر (شەڕ) ................................................. ٦٤٩
سەنگەسەر (چالاکی) .............................................. ٦٤٩

سەوت ئەلئیتتیحاد (رۆژنامە) ........................................ ٦٥٠
سەوت ئەلئیسبوع (بڵاوکراوە) ........................................ ٦٥١
سەید سادق (چالاکی) ........................................ ٦٥٢
سەید سادق (ڕاپەڕین) ........................................ ٦٥٢
سەید کاکە ........................................ ٦٥٣
سەید کەریم هاودیانی ........................................ ٦٥٥
سەیفەددین عەلی ئەحمەد عەلی ........................................ ٦٥٦
سیامەند مامیر شاسواری ........................................ ٦٥٧
سێ جیهان (تیۆری) ........................................ ٦٥٩
سێدەر (شەڕ) ........................................ ٦٦٠
سیروان کوێخا نەجم ........................................ ٦٦٠
سێکانی (شەڕ) ........................................ ٦٦١
سێوسێنان (شەڕ) ........................................ ٦٦٢
سێوسێنان (شەڕ) ........................................ ٦٦٢

## ش

شاترلوو (چالاکی) ........................................ ٦٦٥
شاخەوان عەباس ........................................ ٦٦٥
شادمان مەلا حەسەن ........................................ ٦٦٦
شارباژێر (شەڕ) ........................................ ٦٦٧
شارباژێر (هەرێم) ........................................ ٦٦٨
شارەزور (چالاکی) ........................................ ٦٦٩
شازاد سایب ........................................ ٦٦٩
شاسوار جەلال ........................................ ٦٧٠
شاناخسێ (شەڕ) ........................................ ٦٧٢
شانە........................................ ٦٧٢
شانەدەری (شەڕ) ........................................ ٦٧٣
شانەدەری (چالاکی) ........................................ ٦٧٣
شانەی سەرەکی ........................................ ٦٧٣
شلێر (چالاکی) ........................................ ٦٧٤
شوان عەلی سەعید ........................................ ٦٧٤
شوان کەریم کابان ........................................ ٦٧٥
شوان موغاغی ........................................ ٦٧٦
شۆڕاوە (شەڕ) ........................................ ٦٧٧
شۆڕش (نەخۆشخانە) ........................................ ٦٨٠

شۆڕش (تیپی شانۆ) .......................................... ٦٨١
شۆڕش ئیسماعیل .......................................... ٦٨١
شۆڕش سەید مەجید .......................................... ٦٨٢
شۆڕشی نوێ .......................................... ٦٨٣
شوشمە (ناوبژیوانی) .......................................... ٦٨٤
شوکر محەمەد نەجم .......................................... ٦٨٥
شەدەڵە (شەڕ) .......................................... ٦٨٥
شەدەڵە (چالاکی) .......................................... ٦٨٦
شەدەڵە (چالاکی) .......................................... ٦٨٦
شەدەڵە- کۆتەڵ (چالاکی) .......................................... ٦٨٦
شەڕارە (رۆژنامە) .......................................... ٦٨٧
شەریف فەرەج نادر کۆکۆیی .......................................... ٦٨٨
شەفیق زاهیر کەریم .......................................... ٦٨٩
شەماڵ بەهجەت سەعید کابان .......................................... ٦٩٠
شەماڵ تۆفیق نەجیم .......................................... ٦٩١
شامامەر (چالاکی) .......................................... ٦٩٢
شەمام شەوقی .......................................... ٦٩٣
شەمامك (شەڕ) .......................................... ٦٩٤
شەوکەت حاجی موشیر .......................................... ٦٩٥
شەهاب ئەحمەد داوود رەشید .......................................... ٦٩٨
شەهاب شێخ نوری شێخساڵح .......................................... ٦٩٨
شەهریار ساڵح موفتی .......................................... ٧٠٢
شێخ جیریی سەروو (شەڕ) .......................................... ٧٠٣
شێرزاد رەنجەڕۆ .......................................... ٧٠٤
شێرکۆ بێکەس .......................................... ٧٠٤
شێروانە (تیپ) .......................................... ٧٠٦
شێنێ (کۆبونەوە) .......................................... ٧٠٧
شێنێ (شەڕ) .......................................... ٧٠٧
شێنێ (شەڕ) .......................................... ٧٠٨
شێنێ (شەڕ) .......................................... ٧٠٩
شێنێ- بێدەڵان (شەڕ) .......................................... ٧١٠
شیوەشان ( شەڕ) .......................................... ٧١٠
شیوەکەل (چالاکی) .......................................... ٧١١
شیوەلوك (چالاکی) .......................................... ٧١١

## ع


عادل شوکر عەلی ........ ٧١٢
عادل عەلی سەلام ........ ٧١٣
عادل موراد ........ ٧١٥
عارف روشدی عارف ........ ٧١٦
عارف کەریم ........ ٧١٨
عوسمان بانی مارانی ........ ٧١٨
عوسمان جەرجیس گۆمەشینی ........ ٧٢٠
عوسمان حەسەن قادر سەرگەڵویی ........ ٧٢١
عوسمان رەحمان محەمەد ........ ٧٢٢
عوسمان رەسول حەسەن ........ ٧٢٣
عوسمان شارستێنی ........ ٧٢٣
عوسمان کانی پانکەیی ........ ٧٢٤
عوسمان محەمەد حەمە عەزیز ........ ٧٢٦
عوسمان محەمەد فەرەج کەریم ........ ٧٢٧
عوسمان نانەوا ........ ٧٢٧
عومەر چاوشین ........ ٧٢٨
عومەر حەمەد عەلی ........ ٧٢٨
عومەر شێخموس ........ ٧٢٩
عومەر عەبدوڵڵا رەشید بەرزنجی ........ ٧٣٠
عومەر عەزۆ محەمەد عەلی ........ ٧٣١
عومەر عەلی فەرەج ........ ٧٣٢
عومەر فەتاح حسێن ........ ٧٣٣
عومەر قادر عەلی ........ ٧٣٤
عومەر کوڵکنی ........ ٧٣٥
عومەر مستەفا ........ ٧٣٦
عەباس بەدری ........ ٧٣٨
عەباس عەبدولڕەزاق ئەکبەر ........ ٧٤٠
عەبدولخالق محەمەد حەمەد ........ ٧٤٢
عەبدولخالق مەعروف ........ ٧٤٣
عەبدولخالق مەعروف (چاپخانە) ........ ٧٤٤
عەبدولڕەحمان عوسمان ........ ٧٤٤
عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا ئەڵڵاکەرەم ........ ٧٤٥
عەبدولڕەحمان قادر غەفور ........ ٧٤٦
عەبدولڕەحمان گۆمەشینی ........ ٧٤٧

عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل .................................................. ٧٤٩
عەبدولڕەحمان محەمەد فەرەج هەڵەبجەیی ........................................ ٧٥٠
عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم .............................................. ٧٥١
عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا ............................................................. ٧٥٢
عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر ........................................................... ٧٥٤
عەبدولقادر محەمەد عومەر ............................................................. ٧٥٥
عەبدولکەریم حاجی ..................................................................... ٧٥٧
عەبدوڵڵا عەبدولکەریم محەمەد ........................................................ ٧٥٨
عەبدوڵڵا عەلیاوەیی ..................................................................... ٧٥٩
عەبدوڵڵا وسو عەبدوڵڵا ................................................................. ٧٦٠
عەبدوڵڵا عیززەددین شاسوار .......................................................... ٧٦١
عەبدوڵڵا قادر حەمەلاو .................................................................. ٧٦٢
عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ................................................................ ٧٦٤
عەبدولمەسیح پۆلس سلێوە یەلدا ..................................................... ٧٦٤
عەدنان محەمەد قادر .................................................................... ٧٦٦
عەدنان موفتی ............................................................................ ٧٦٧
عەربەت (چالاکی) ...................................................................... ٧٦٨
عەزیز خدر باوەکر ....................................................................... ٧٦٩
عەزیز شەمزینی .......................................................................... ٧٧٠
عەزیز عەبدوڵڵا حسێن خۆشی .......................................................... ٧٧٢
عەزیز مەحمود عەلی ................................................................... ٧٧٣
عەلیانی کۆن (شەڕ) .................................................................... ٧٧٤
عەلی بچکۆل ............................................................................... ٧٧٥
عەلی جافەرانی ........................................................................... ٧٧٧
عەلی چوارتایی ............................................................................ ٧٧٨
عەلی حسێن حەسەن ..................................................................... ٧٧٨
عەلی حەویز .............................................................................. ٧٨٠
عەلی ساڵح سێگرتکانی ................................................................... ٧٨١
عەلی شیعە ................................................................................ ٧٨٢
عەلی عەبدولڕەحمان سەعید ............................................................ ٧٨٣
عەلی عەسکەری .......................................................................... ٧٨٤
عەلی محەمەد ساڵح بورهان ........................................................... ٧٨٦
عەلی محەمەد ساڵح قادر ................................................................ ٧٨٧
عەلی مەلا باس ............................................................................ ٧٨٨
عەلی هەژار ................................................................................ ٧٨٩
عیماد تاهیر ساڵح ......................................................................... ٧٩١

## غ


غەریب عەسکەری ........................................................ ٧٩٢
غەریب هەڵەدنی ........................................................ ٧٩٣
غەسان نەعسان ........................................................ ٧٩٤
غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود ........................................................ ٧٩٦
غەفور سالح ژاژڵەیی ........................................................ ٧٩٧
غەفور عەبدوڵڵا حەمەد ........................................................ ٧٩٨


## ف


فاتیح حەیدەر عارف ........................................................ ٧٩٩
فارس محەمەد سادق ........................................................ ٧٩٩
فاروق جەمیل سادق ........................................................ ٨٠٠
فاروق عەلی مەولود ........................................................ ٨٠٣
فازل قەساب ........................................................ ٨٠٤
فازل کەریم ئەحمەد ........................................................ ٨٠٥
فاقە مەخموری ........................................................ ٨٠٧
فایق گوڵپی ........................................................ ٨٠٨
فوئاد مەعسوم ........................................................ ٨٠٩
فەرهاد سەنگاوی ........................................................ ٨١٢
فەرهاد شاکەلی ........................................................ ٨١٣
فەرهاد عەلی محەمەد ........................................................ ٨١٤
فەرهاد یوسف مستەفا ........................................................ ٨١٥
فەرەیدون عەبدولقادر ........................................................ ٨١٦
فەرید ئەسەسەرد ........................................................ ٨١٩
فەرید زامدار ........................................................ ٨٢٢
فەقێ جنە (چالاکی) ........................................................ ٨٢٣
فەیسەل رەسول خۆشناو ........................................................ ٨٢٣
فەیسەل رەشید تاڵەبانی ........................................................ ٨٢٤
فەیسەل عەباس عەولا ........................................................ ٨٢٥
فەیسەل عەلی خورشید ........................................................ ٨٢٦


## ڤ


ڤیەننا (کۆبونەوە) ........................................................ ٨٢٨

## ق


قادر حەمە جان ............................................................ ٨٢٩
قادر حەمە ساڵح ............................................................ ٨٣٠
قادر حەمە ساڵح رەزا ............................................................ ٨٣١
قادر خەبات ............................................................ ٨٣٢
قادر عەزیز ............................................................ ٨٣٣
قادر کەرەم (ئۆپەراسیۆن) ............................................................ ٨٣٥
قادر کەرەم (چالاکی) ............................................................ ٨٣٦
قادر مامەند بابەکر ئاغا ............................................................ ٨٣٦
قادر هەینی تەها قادر ............................................................ ٨٣٧
قارەمان شینە ............................................................ ٨٣٨
قازان (شەڕ) ............................................................ ٨٣٩
قازانقایە (شەڕ) ............................................................ ٨٤٤
قاسم عەزیز رەسول ............................................................ ٨٤٤
قاسم محەمەد مستەفا ............................................................ ٨٤٥
قاسمە رەش (خول) ............................................................ ٨٤٧
قاسمە رەش (کۆبونەوە) ............................................................ ٨٤٨
قاهیرە (ئۆفیس) ............................................................ ٨٥٠
قڕگە (روداو) ............................................................ ٨٥١
قۆپی (شەڕ) ............................................................ ٨٥٢
قۆپی ئەستێرێ (شەڕ) ............................................................ ٨٥٢
قوڕە بەرازە (شەڕ) ............................................................ ٨٥٢
قوەت ............................................................ ٨٥٣
قەدفەری (شەڕ) ............................................................ ٨٥٣
قەرەچوخ (شەڕ) ............................................................ ٨٥٤
قەرەداغ (چالاکی) ............................................................ ٨٥٥
قەرەداغ (ئۆپەراسیۆن) ............................................................ ٨٥٥
قەرەداغ (هەرێم) ............................................................ ٨٥٦
قەرەگۆل (چالاکی) ............................................................ ٨٥٧
قەرەنیاغا (چالاکی) ............................................................ ٨٥٧
قەرەنگوێ (شەڕ) ............................................................ ٨٥٨
قەرەوەیس (چالاکی) ............................................................ ٨٥٨
قەرەهەنجیر (روداو) ............................................................ ٨٥٨
قەرەهەنجیر (چالاکی) ............................................................ ٨٥٩
قەسرێ (چالاکی) ............................................................ ٨٦٠

قەڵاتوکان( شەڕ) .................................................. ٨٦٠
قەڵاچوالان (چالاکی) .................................................. ٨٦٠
قەڵادزێ (راپەڕین) .................................................. ٨٦١
قەڵاسنج (شەڕ) .................................................. ٨٦٨
قەڵبەزە (شەڕ) .................................................. ٨٦٨
قەندیل (شەڕ) .................................................. ٨٦٨
قەندیل (ئۆپەراسیۆن) .................................................. ٨٦٩
قەیوان-ماوەت (ئۆپەراسیۆن) .................................................. ٨٧٠

## ک

کاردۆ گەڵاڵی .................................................. ٨٧٢
کاروان خالید تاهیر .................................................. ٨٧٣
کارێز خاڵخاڵان (شەڕ) .................................................. ٨٧٤
کازیوە (گۆڤار) .................................................. ٨٧٤
کاکە ڕەش سدیق .................................................. ٨٧٥
کامەران عارف فەتاح .................................................. ٨٧٦
کانی بێریز(چالاکی) .................................................. ٨٧٧
کانی بیشوو (شەڕ) .................................................. ٨٧٧
کانی توو (خول) .................................................. ٨٧٨
کانی خان (شەڕ) .................................................. ٨٧٨
کانی خان (چالاکی) .................................................. ٨٧٩
کانی ژاژەڵە (چالاکی) .................................................. ٨٧٩
کانی سپیلکە (چالاکی) .................................................. ٨٧٩
کانی شیلان (شەڕ) .................................................. ٨٨١
کانی ماسی (ئۆپەراسیۆن) .................................................. ٨٨١
کانی وەتمان (شەڕ) .................................................. ٨٨٢
کانی وەتمان (چالاکی) .................................................. ٨٨٣
کاوە ئەنوەر نادر خدر .................................................. ٨٨٤
کاوە عەبدوڵڵا محەمەد .................................................. ٨٨٥
کاوە محەمەد .................................................. ٨٨٥
کاوە محەمەد ئەمین حسێن .................................................. ٨٨٦
کرماشان (خول) .................................................. ٨٨٨
کفری (چالاکی) .................................................. ٨٨٩
کفری- کەلار (شەڕ) .................................................. ٨٨٩
کنێر عەبدوڵڵا .................................................. ٨٩٢

کۆتەڵ (شەڕ) .................... ٨٩٣
کۆتەڵی مالومە (چالاکی) .................... ٨٩٣
کوردایەتی (گۆڤار- رۆژنامە) .................... ٨٩٣
کوردستان (تیپی شانۆ) .................... ٨٩٥
کوردستانیبون (پرنسیپ) .................... ٨٩٦
کوردستانی نوێ (رۆژنامە) .................... ٩٠٠
کوڕە کاژاو (تیپ) .................... ٩٠٥
کۆڕێ (شەڕ) .................... ٩٠٦
کۆڕێ نیشتمانیی عیراق .................... ٩١٠
کۆسار (رۆژنامە) .................... ٩١٢
کۆسرەت رەسول عەلی .................... ٩١٢
کۆکە (شەڕ) .................... ٩١٤
کۆمتان (شەڕ) .................... ٩١٤
کۆمەڵە (گۆڤار) .................... ٩١٥
کۆمەڵەی مارکسی- لینینیی کوردستان .................... ٩١٦
کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان .................... ٩١٦
کۆمەڵی مەدەنی (پرنسیپ) .................... ٩١٨
کۆمیتەی سەرکردایەتیی رێکخستنی ناوخۆ .................... ٩٢٠
کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوچەی هەولێر .................... ٩٢١
کۆمیتەی شارەکان .................... ٩٢٢
کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت .................... ٩٢٣
کۆمیتەی هەرێمەکان .................... ٩٢٤
کۆمیتەی هەرێمەکان .................... ٩٢٥
کۆنفرەنس .................... ٩٢٦
کۆنفرەنسی دووەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان .................... ٩٢٦
کۆنفرەنسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان .................... ٩٢٨
کۆنفرەنسی سێیەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان .................... ٩٢٨
کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان .................... ٩٣٤
کۆنفرەنسی یەکەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان .................... ٩٤٠
کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .................... ٩٤١
کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .................... ٩٤٤
کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .................... ٩٥٢
کۆیە (چالاکی) .................... ٩٦٢
کۆیە (شەڕ) .................... ٩٦٣
کەپکی جوانەگا (شەڕ) .................... ٩٦٣
کەرت .................... ٩٦٤

کەرتی رێکخستن ........................................ ٩٦٤
کەرتی رێکخستنی چۆمان (تیپی شانۆ) ........................................ ٩٦٥
کەرکوك (چالاکی) ........................................ ٩٦٥
کەرکوك (ئۆپەراسیۆن) ........................................ ٩٦٧
کەریم ئەحمەد خدر ئەمین ........................................ ٩٧٠
کەریم عوسمان ........................................ ٩٧١
کەریم مەولود ئەحمەد ........................................ ٩٧٣
کەسنەزان (چالاکی) ........................................ ٩٧٣
کەلتور (گۆڤار) ........................................ ٩٧٤
کەلتور (گۆڤار) ........................................ ٩٧٥
کەڵکان (شەڕ) ........................................ ٩٧٦
کەڵکەسیر (شەڕ) ........................................ ٩٧٧
کەڵەڕەش (چالاکی) ........................................ ٩٧٧
کەڵەکی باڵەیان (شەڕ) ........................................ ٩٧٧
کەمال جەوهەر کەریم ........................................ ٩٧٨
کەمال خۆشناو ........................................ ٩٧٩
کەمال رەحیم کەریم ........................................ ٩٨٠
کەمال زێوەیی ........................................ ٩٨١
کەمال عەبدوڵڵا تاماس ........................................ ٩٨٢
کەمال فوئاد ........................................ ٩٨٤
کەمال محەمەد عەبدولکەریم ........................................ ٩٨٨
کەمال محەمەد مستەفا ........................................ ٩٨٩
کەناروێ (چالاکی) ........................................ ٩٨٩
کەندەشینە (ئۆپەراسیۆن) ........................................ ٩٩٠
کیفاح ئەلئەنسار (کفاح الانصار) رۆژنامە ........................................ ٩٩١


## گ


گادر (چالاکی) ........................................ ٩٩٢
گرتك (شەڕ) ........................................ ٩٩٢
گرد مەیدانی زینۆ (شەڕ) ........................................ ٩٩٢
گردە بێناس (شەڕ) ........................................ ٩٩٢
گریانە (شەڕ) ........................................ ٩٩٣
گزنگ (گۆڤار) ........................................ ٩٩٣
گزنگی بچوکان (گۆڤار) ........................................ ٩٩٥
گڵەزەردە (ئۆپەراسیۆن) ........................................ ٩٩٥

گۆپتەپە (شەڕ) ........................................................ ٩٩٦
گۆجار (شەڕ) ........................................................ ٩٩٧
گۆڕان (بزوتنەوە) ........................................................ ٩٩٧
گۆڕی شەڕکان (ئۆپەراسیۆن) ........................................................ ١٠٠٣
گۆڤار سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ........................................................ ١٠٠٤
گۆمەسپان (روداو) ........................................................ ١٠٠٧
گوندەژوور (شەڕ) ........................................................ ١٠٠٧
گوێزان (شەڕ) ........................................................ ١٠٠٧
گەڕاوی- تازەشار (شەڕ) ........................................................ ١٠٠٧
گەردەلولی تۆڵە (ئۆپەراسیۆن) ........................................................ ١٠١١
گەردەلولی تۆڵە (ئۆپەراسیۆن) ........................................................ ١٠١٣
گەرمیان (تیپ) ........................................................ ١٠١٧
گەرەوان (شەڕ) ........................................................ ١٠١٨
گەرەوان (شەڕ) ........................................................ ١٠١٩
گەرەوان (شەڕ) ........................................................ ١٠١٩
گەرەوان (شەڕ) ........................................................ ١٠١٩
گەرەوان (شەڕ) ........................................................ ١٠١٩
گەزنە (شەڕ) ........................................................ ١٠٢٠
گەڵاڵە (شەڕ) ........................................................ ١٠٢١
گەڵاڵە (شەڕ) ........................................................ ١٠٢١
گەڵاڵە (شەڕ) ........................................................ ١٠٢١
گەورە دێ (شەڕ) ........................................................ ١٠٢٢

## ل

لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی ........................................................ ١٠٢٤
لاوانی باڵخ (تیپی شانۆ) ........................................................ ١٠٢٥
لق (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ........................................................ ١٠٢٦
لق (بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان) ........................................................ ١٠٢٦
لوبنان (خول) ........................................................ ١٠٢٦
لەتیف جەمال رەشید ........................................................ ١٠٢٧
لەتیف عومەر مستەفا ........................................................ ١٠٢٨
لەتیف نێروەیی ........................................................ ١٠٢٩
لەشکری ئیسلامیی کورد ........................................................ ١٠٣٠
لەیلا قاسم (رێکخراو) ........................................................ ١٠٣١
لەیلا قاسم (کەرت) ........................................................ ١٠٣٢

لەیلان (ئۆپەراسیۆن) ........................................ ١٠٣٣
لێبوردەیی (پرنسیپ) ........................................ ١٠٣٤
لیتنسەل (رۆژنامە) ........................................ ١٠٣٥
لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ........................ ١٠٣٦
لیژنەی کاری راپەڕین ........................................ ١٠٣٦
لیژنەی ناوچە ........................................ ١٠٣٧

م

مافی چارەی خۆنوسین (پرنسیپ) ........................................ ١٠٣٨
مافی مرۆڤ (پرنسیپ) ........................................ ١٠٤٣
مالومە (شەڕ) ........................................ ١٠٤٦
مالومە (چالاکی) ........................................ ١٠٤٧
مام رەش (شەڕ) ........................................ ١٠٤٧
مامۆستای شۆڕش ........................................ ١٠٤٨
مامەڕوتە (شەڕ) ........................................ ١٠٤٩
مامە ریشە ........................................ ١٠٤٩
مامەشایەتی (شەڕ) ........................................ ١٠٥٠
مامەندە (شەڕ) ........................................ ١٠٥٠
مامەندە (تیپ) ........................................ ١٠٥٠
محەمەد ئەبوبەکر ........................................ ١٠٥١
محەمەد ئەحمەد ........................................ ١٠٥١
محەمەد ئەمین عەلی ........................................ ١٠٥٢
محەمەد ئیسماعیل ........................................ ١٠٥٣
محەمەد حاجی مەحمود ........................................ ١٠٥٤
محەمەد حەسەن پیرداود رەسول ........................................ ١٠٥٦
محەمەد حەسەن رەسول ئەحمەد ........................................ ١٠٥٧
محەمەد حەمە سەعید ئەحمەد ........................................ ١٠٥٨
محەمەد خورشید ........................................ ١٠٥٩
محەمەد خۆشناو ........................................ ١٠٦١
محەمەد رازانی ........................................ ١٠٦٢
محەمەد سابیر کەریم ........................................ ١٠٦٣
محەمەد سەیدە ........................................ ١٠٦٤
محەمەد شاکەلی ........................................ ١٠٦٥
محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی ........................................ ١٠٦٨
محەمەد شینە ........................................ ١٠٦٩

محەمەد عەبدولقادر حاجی هەڵەدنی ........................................................ ١٠٧٠
محەمەد عەجەم ....................................................................... ١٠٧١
محەمەد عیززەددین .................................................................... ١٠٧١
محەمەد غەریب عەبدوڵڵا .............................................................. ١٠٧٢
محەمەد غەفور ئاغجەلەری .............................................................. ١٠٧٣
محەمەد قادر نادر ..................................................................... ١٠٧٤
محەمەد کەریم ........................................................................ ١٠٧٥
محەمەد مەحمود محەمەد باخ ........................................................... ١٠٧٦
محەمەد نوری تۆفیق ................................................................... ١٠٧٧
محەمەد وەتمان ....................................................................... ١٠٧٨
مستەفا برایم دەروێش .................................................................. ١٠٨٠
مستەفا چاوڕەش ...................................................................... ١٠٨١
مستەفا ساڵح کەریم ................................................................... ١٠٨٢
مستەفا محەمەد مستەفا ............................................................... ١٠٨٤
موئمین سەلام سادق .................................................................. ١٠٨٥
موحسین بایز محەمەد ئەمین ........................................................... ١٠٨٦
موحسین جەرجیس سۆفی ............................................................... ١٠٨٦
موحسین عوسمان حەمەد یونس .......................................................... ١٠٨٧
موحسین عەلی ئەکبەر ................................................................. ١٠٨٨
موساوات (رۆژنامە-گۆڤار) .............................................................. ١٠٨٩
موسل (ئۆپەراسیۆنی راکردن لە زیندان) .......................................................
١٠٩٠
موشیر حەمە غەریب ئەمین ............................................................. ١٠٩٢
موعین مستەفا عەولا عەزیز ............................................................. ١٠٩٤
مەجید حسێن مورسیل زەمان ........................................................... ١٠٩٤
مەجید عەلی سۆفی .................................................................... ١٠٩٦
مەحمود حاجی فەرەج کۆکۆیی .......................................................... ١٠٩٦
مەحمود خۆشناو ...................................................................... ١٠٩٧
مەحمود سەنگاوی .................................................................... ١٠٩٨
مەحمود سێدەری ...................................................................... ١١٠٠
مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر ...................................................... ١١٠١
مەحمود مەلا عیززەت .................................................................. ١١٠٣
مەدحەت کاکەیی ...................................................................... ١١٠٤
مەدەنیەت (گۆڤار) ..................................................................... ١١٠٥
مەریوان حسێن برایم جەباری ............................................................ ١١٠٧
مەسۆی بچوك (شەڕ) ................................................................... ١١٠٨

مەشخەڵان (سرود) ........................................ ١١٠٨
مەعروف عەلی مەجید ........................................ ١١٠٨
مەغدید کوێخا عەبدوڵڵا ........................................ ١١٠٩
مەفرەزە ........................................ ١١١٠
مەفرەزە سەرەتاییەکان ........................................ ١١١١
مەکتەبی بیرو هۆشیاری ........................................ ١١١٢
مەکتەبی راگەیاندن (١٩٧٨-١٩٩١) ........................................ ١١١٣
مەکتەبی شەهیدان ........................................ ١١١٥
مەکتەبی مافی مرۆڤ ........................................ ١١١٦
مەکتەبی هۆشیاریو روناکبیری ........................................ ١١١٨
مەلا بەختیار ........................................ ١١١٨
مەڵبەند ........................................ ١١١٨
مەنسور یوسف مستەفا ........................................ ١١٢٣
مەنگوڕایەتی (شەڕ) ........................................ ١١٢٤
مەولود عەبدوڵڵا تۆفیق ........................................ ١١٢٥
مەولود گوڕبازی ........................................ ١١٢٦
مەهدی حەمە سەعید ........................................ ١١٢٦
میلی سور (شەڕ) ........................................ ١١٢٧


## ن


نازم عومەر ........................................ ١١٢٨
نازم نەجم ئەحمەد ........................................ ١١٢٩
نازەنین (شەڕ) ........................................ ١١٣١
نازەنین عوسمان حەسەن ........................................ ١١٣١
نامیق سدیق مەلا کوڕێ ........................................ ١١٣٢
ناوچەی سەرکردایەتی ........................................ ١١٣٢
ناودەشت (شەڕ) ........................................ ١١٣٤
ناوزەنگ (کۆبونەوە) ........................................ ١١٣٤
ناوزەنگ (کۆبونەوە) ........................................ ١١٣٥
نواڵە (گۆڤار) ........................................ ١١٣٧
نورستە (شەڕ) ........................................ ١١٣٨
نوری محەمەد عەلی ........................................ ١١٣٨
نوسەری کوردستان (گۆڤار) ........................................ ١١٣٨
نوسەری نوێ (گۆڤار) ........................................ ١١٣٩
نۆڤی کوردستان (رۆژنامە) ........................................ ١١٤٠

نۆڤین (گۆڤار) ........................................................................ ١١٤١
نۆکان (کۆبونەوە) .................................................................... ١١٤٢
نۆکان (کۆبونەوە) .................................................................... ١١٤٣
نۆکان (کۆبونەوە) .................................................................... ١١٤٥
نەجم ئەحمەد حسێن ................................................................ ١١٤٦
نەجمەددین بیووك كایا ............................................................ ١١٤٧
نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا ...................................................... ١١٤٨
نەرمین عوسمان ..................................................................... ١١٥٠
نەریمان باشتەپەیی ................................................................ ١١٥١
نەسروڵڵا عەلی مەحمود .......................................................... ١١٥٢
نەوزاد عەلی ئەحمەد ............................................................. ١١٥٣
نەوشیروان مستەفا ئەمین ........................................................ ١١٥٤
نەهرۆ سەعید سۆفی ............................................................... ١١٦٠
نەهرۆ قەسرۆکی ...................................................................... ١١٦١
نیاز دەرگەڵەیی ...................................................................... ١١٦١
نیاز سەعید عەلی .................................................................... ١١٦٣
نیسان (ئۆپەراسیۆنی کێومالٚ) .................................................. ١١٦٥
نیشکولاٚن (کۆبونەوە) .............................................................. ١١٦٦


## و


واژە (شەڕ) .......................................................................... ١١٦٨
واشنتن (ڕێککەوتننامە) ............................................................ ١١٦٨
وریا رەشید ........................................................................... ١١٧٥
وەڕاز (شەڕ) ......................................................................... ١١٧٥
وەرتێ (شەڕ) ......................................................................... ١١٧٦
وەرتێ (شەڕ) ......................................................................... ١١٧٦
وەسفیە بەنی وەیس ................................................................ ١١٧٧
وەسمان لەکە (شەڕ) ............................................................... ١١٨٠
وەڵزێ (شەڕ) ......................................................................... ١١٨٠
وەڵزێ (شەڕ) ......................................................................... ١١٨١
وەڵزێ (شەڕ) ......................................................................... ١١٨١
وەڵزێ- قەسرێ (شەڕ) ............................................................. ١١٨٢
وەلەسمت (شەڕ) .................................................................... ١١٨٢

## هـ


هاشم شەمامکی ........ ١١٨٣
هاشم عەلی ڕەشید ........ ١١٨٤
هاوار جەلال مەجید ........ ١١٨٤
هاوپەیمانی (ڕۆژنامە) ........ ١١٨٥
هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان ........ ١١٨٦
هاوڕێ عەبدوڵڵا شەریف ........ ١١٨٩
هاووڵاتیبون (پرنسیپ) ........ ١١٨٩
هۆرە (گۆڤار) ........ ١١٩١
هۆشیار عەبدولکەریم زێدبەگی ........ ١١٩١
هۆمەر بل (شەڕ) ........ ١١٩٢
هۆمەر قەوم (شەڕ) ........ ١١٩٣
هەرتەل (شەڕ) ........ ١١٩٣
هەرێم ........ ١١٩٣
هەرێم کەمال ئاغا ........ ١١٩٤
هەڤاڵ کوێستانی ........ ١١٩٥
هەکاری (ئۆپەراسیۆن) ........ ١١٩٦
هەڵبژاردن (گۆڤار) ........ ١١٩٩
هەڵشۆ (شەڕ) ........ ١٢٠٠
هەڵۆ مەحمود مارف پێنجوێنی ........ ١٢٠٠
هەڵوێست (گۆڤار) ........ ١٢٠١
هەڵۆی سور (ڕێکخراو) ........ ١٢٠٢
هەڵەدن (تیپی شانۆ) ........ ١٢٠٣
هەڵەدن (تیپی شانۆی منداڵان) ........ ١٢٠٣
هەڵەدن (خول) ........ ١٢٠٤
هەڵەدن (چالاکی) ........ ١٢٠٥
هەڵەموند- کاروخ (شەڕ) ........ ١٢٠٥
هەنارە (شەڕ) ........ ١٢٠٦
هەواڵنامەی کوردستان لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا (گۆڤار) ........ ١٢٠٦
هەواڵنامەی کوردستانی عیراق ........ ١٢٠٧
هەورێ (شەڕ) ........ ١٢٠٨
هەورێ (شەڕ) ........ ١٢٠٨
هەولێر (ئۆپەراسیۆن) ........ ١٢٠٩
هیران (ئۆپەراسیۆن) ........ ١٢٠٩

هێرش (کۆمیتە) ........................................ ١٢١٠
هێرش (کۆمیتە) ........................................ ١٢١١
هێرۆ (چالاکی) ........................................ ١٢١١
هێزی پشتگیری ........................................ ١٢١٢
هێزی پشتیوان (ئۆپەراسیۆن) ........................................ ١٢١٣
هێزی پێشمەرگەی ژنان ........................................ ١٢١٥
هێڤی (گۆڤار) ........................................ ١٢١٦
هێڵی گشتی ........................................ ١٢١٦
هیوا چیمەنی ........................................ ١٢١٨
هیوا عەبدوڵڵا ئەحمەد ........................................ ١٢١٩

## ی

یاخسەمەر (کۆبونەوە) ........................................ ١٢٢١
یاخسەمەر (کۆبونەوە) ........................................ ١٢٢١
یاسین ڕەئوف ڕەسول ........................................ ١٢٢٢
یانکان (شەڕ) ........................................ ١٢٢٢
یوسف ئیبراهیم گەلاڵەیی ........................................ ١٢٢٣
یوسف حەسەن حەوێز ........................................ ١٢٢٣
یوسف دەرگەڵەیی ........................................ ١٢٢٤
یوسف زۆزانی ........................................ ١٢٢٥
یوسف شەریف ........................................ ١٢٢٧
یوسف گۆران ........................................ ١٢٢٨
یونس ڕەحیم محەمەد ........................................ ١٢٢٩
یەکسانی (پرنسیپ) ........................................ ١٢٣٠
یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان ........................................ ١٢٣١
یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان ........................................ ١٢٣٧
یەکێتیی ژنانی کوردستان ........................................ ١٢٤٠
یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ........................................ ١٢٤٢
یەکێتیی فەقێیانی کوردستان ........................................ ١٢٤٨
یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان ........................................ ١٢٤٨
یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ........................................ ١٢٥٠
یەکێتیی نوسەرانی کوردستان ........................................ ١٢٥٦
یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان ........................................ ١٢٥٩